# کتێبی پیرۆز

## کوردی سۆرانی ستاندەر

Biblica®

کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز

# کتێبی پیرۆز

کوردی سۆرانی ستاندەر

Holy Bible
Kurdi Sorani Standard (KSS)

Copyright © Biblica, Inc. ®2016
All rights reserved worldwide.

هەموو مافەکانی چاپکردنەوە پارێزراوە

Published by Biblica
The International Bible Society
Bextiyari, Erbil,
Iraqi Kurdistan
+964-750-736-5575
P.O.Box 16/0119
info@kitebipiroz.com
www.kitebipiroz.com
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن (٣٥)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.
تیراژ: ٨٠٠٠ دانە
لە کۆریا چاپکراوە
چاپی یەکەم ٢٠١٧
ISBN: 978-1-56320-869-0
Printed in Korea
First print 2017 8000

# ناوەڕۆکی پەیمانی کۆن


| پەڕتووکەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پەیدابوون | ١ |
| دەرچوون | ٦٥ |
| لێڤییەکان | ١١٩ |
| سەرژمێری | ١٥٩ |
| دواوتاری موسا | ٢١٥ |
| یەشوع | ٢٦٣ |
| ڕابەران | ٢٩٥ |
| ڕائووس | ٣٢٧ |
| یەکەم ساموئێل | ٣٣٣ |
| دووەم ساموئێل | ٣٧٥ |
| یەکەم پاشایان | ٤١١ |
| دووەم پاشایان | ٤٥٣ |
| یەکەم پوختەی مێژوو | ٤٩٣ |
| دووەم پوختەی مێژوو | ٥٣٧ |
| عەزرا | ٥٨٣ |
| نەحەمیا | ٥٩٧ |
| ئەستێر | ٦١٧ |
| ئەیوب | ٦٢٧ |
| زەبوورەکان | ٦٦٧ |
| پەندەکانی سلێمان | ٧٧٧ |

| پەڕتووکەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ژیرمەندی | ٨١٣ |
| گۆرانی گۆرانییەکان | ٨٢٥ |
| ئیشایا | ٨٣٣ |
| یەرمیا | ٩١٥ |
| شینەکانی یەرمیا | ٩٩٧ |
| حزقیێل | ١٠٠٧ |
| دانیال | ١٠٧٣ |
| هۆشەع | ١٠٩٣ |
| یۆئێل | ١١٠٧ |
| ئامۆس | ١١١٣ |
| عۆبەدیا | ١١٢٣ |
| یونس | ١١٢٥ |
| میخا | ١١٢٩ |
| ناحوم | ١١٣٧ |
| حەبەقوق | ١١٤١ |
| سەفەنیا | ١١٤٥ |
| حەگەی | ١١٥١ |
| زەکەریا | ١١٥٥ |
| مەلاخی | ١١٦٧ |

# ناوەڕۆکی پەیمانی نوێ


| پەڕتووکەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی پەیمانی نوێ | ١١٧١ |
| مزگێنی بەگوێرەی نووسینی مەتا | ١١٧٥ |
| مزگێنی بەگوێرەی نووسینی مەرقۆس | ١٢١٩ |
| مزگێنی بەگوێرەی نووسینی لۆقا | ١٢٤٧ |
| مزگێنی بەگوێرەی نووسینی یۆحەنا | ١٢٩٣ |
| کرداری نێردراوان | ١٣٢٧ |
| نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما | ١٣٦٩ |
| یەکەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای کۆرنسۆس | ١٣٨٩ |
| دووەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای کۆرنسۆس | ١٤٠٧ |
| نامەی پۆڵس بۆ کڵێساکانی گەلاتیا | ١٤١٩ |
| نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس | ١٤٢٧ |
| نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی فیلیپی | ١٤٣٣ |
| نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆلۆسی | ١٤٣٩ |
| یەکەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای سالۆنیکی | ١٤٤٥ |
| دووەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای سالۆنیکی | ١٤٤٩ |
| یەکەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس | ١٤٥٣ |
| دووەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس | ١٤٥٩ |
| نامەی پۆڵس بۆ تیتۆس | ١٤٦٣ |
| نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن | ١٤٦٧ |
| نامە بۆ عیبرانییەکان | ١٤٦٩ |
| نامەی یاقوب | ١٤٨٥ |
| یەکەم نامەی پەترۆس | ١٤٩١ |
| دووەم نامەی پەترۆس | ١٤٩٧ |
| یەکەم نامەی یۆحەنا | ١٥٠١ |
| دووەم نامەی یۆحەنا | ١٥٠٧ |
| سێیەم نامەی یۆحەنا | ١٥٠٩ |
| نامەی یەهوزا | ١٥١١ |
| ئاشکراکردنی عیسای مەسیح | ١٥١٣ |
| پاشکۆ | ١٥٣٧ |

## کورتە باسێك سەبارەت بەم وەرگێڕانە

خوێنەری ئازیز، مەبەستی ئەم پەڕتووکە ئەوەیە کە تاکی کورد بتوانێت بە زمانی شیرینی کوردی پەیامی خودای هەمیشەیی بخوێنێتەوە و گوێی لێ بگرێت. لەم وەرگێڕانەدا سێ بنەمای گرنگ ڕەچاو کراون: وردی، ڕوونی و ئاساییبوونی دەق.

ئەم وەرگێڕانەی کە ئێستا لەبەردەستتدایە لە زمانی عیبری و یۆنانییەوە وەرگێڕدراوە. سەرەتا پەیمانی نوێ لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگێڕدرا، دواتر پەیمانی کۆن لە زمانی عەرەبییەوە. ئینجا بە وردەکارییەوە هەردوو پەیمان بەگوێرەی زمانەکانی عیبری و یۆنانی پێداچوونەوەیان بۆ کرا. پاشان لەبەر ئەوەی داڕشتنی ڕستە و دەستەواژەکانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئەسڵییەکان هەندێك جیاواز بوون، پێویست بوو وەك هەنگاوی سێیەم وەرگێڕانەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. تیمی وەرگێڕان بە درێژایی ئەم پرۆسەیە لە لایەکەوە سوودی لە بۆچوونی ڕاوێژکارانی لاهوتی و زانستی زمانەوانی وەرگرتووە، لە لایەکی دیکەوە دەقی وەرگێڕدراو لەلایەن دانیشتووانی چەند شارێکی هەرێمی کوردستان تاقیکراوەتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە وەرگێڕانەکە تەواو ڕوونە. لە ئەنجامدا بەرهەمی زیاتر لە بیست و حەوتساڵی کاری وەرگێڕان دەخەینە بەردەستی خوێنەری کورد.

لە زمانی کوردیدا ڕا و بۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بە شێوازی داڕشتن و نووسینی کوردی، بەگوێرەی توانا هەوڵمان داوە شێوەزارە جیاوازەکانی نێو دیالێکتی سۆرانی بە یەکسانی بەکاربهێنین، بۆ نووسینیش هەوڵمان داوە کە شێوازێك پەیڕەو بکەین کە کەمترین سەرنجی لەسەر بێت و گشتگیر بێت. بۆ ئەو مەبەستە بە پشتبەستن بە شارەزایانی زمانەوانی بنەمایەکمان داڕشتووە بۆ شێوازی نووسین و داڕشتنەکەمان، کە لە شێوەی نامیلکەیەك چاپمان کردووە. بۆ ئاشنابوون بەم بنەمایەی نووسین کە پەیڕەومان کردووە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

### ڕوونکردنەوەی پێویست:

- هەندێك وشە و زاراوە هەن کە لە کەلتوری کوردی یان لە سەردەمی ئێستامان شتی نامۆن، هەوڵمان داوە بەگوێرەی توانا لە دەق ڕوون بین، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پشتمان بە دانانی پەراوێز بەستووە. لە کۆتایی کتێبیش لستی ڕوونکردنەوەی زاراوەکانمان داناوە لەگەڵ خشتەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی کێش و پێوانەکان.
- کورتە باسێکمان بۆ هەر پەڕتووکێك نووسیوە کە ئەو پەڕتووکە ڕوون دەکاتەوە و گرنگترین بابەتەکانی باس دەکات.
- هەر پەڕتووکێکی کتێبی پیرۆز بۆ بەش و ئایەت دابەش کراوە، وەکو (٢:١) واتا (بەشی یەك، ئایەتی دوو) بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی بگاتە ئەو دەقە. لە هەندێك شوێن بۆ ڕوونی ڕستەکان لە زمانی کوردی شوێنی وشەکان لەناو ئایەتەکان گۆڕاوە.
- ناونیشانەکانی ناو دەق تەنها بۆ یارمەتیدانی خوێنەرە تاکو لە دەقەکە باشتر تێبگات، واتە لە دەقی ئەسڵیدا نییە ( بڕوانە پەیدابوون ١:١،٣،٥...هتد).
- بۆ ناوی کەسایەتییەکان بەگوێرەی توانا هەوڵمان داوە ئەو ناوە هەڵبژێرین کە کەلتوری کوردی پێی ئاشنایە، یان بۆ خوێنەری کورد دەربڕینی ئاساییە.

- ئەگەر وشەیەکی بیانی وەك خۆی وەرگیرابێت ئەوا بە لار نووسراوە.
- وەرگیراوەکانی پەیمانی کۆن لەناو پەیمانی نوێ لە نێوان جووت کەوانەیەکی بەم شێوەیە: ﴿...﴾ دانراوە. هەروەها پەراوێزی بۆ کراوە بۆ ئاماژەدان بەو شوێنەی کە لێی وەرگیراوە، بۆ نموونە بڕوانە مەتا ١:٢٣.

لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك تەواو نییە جگە لە خودا، واتە هیچ مرۆڤێك لە هەڵە بەدەر نییە، ئێمە وەکو تیمی وەرگێڕان دان بەوەدا دەنێین کە ئەم وەرگێڕانە دەکرێت هەڵە و کێشەی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بەو پەڕی تواناوە هەوڵمان داوە کە خۆمان بەدوور بگرین لە هەڵەی واتایی و زمانەوانی. هەموو کاتێك ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی پەڕتووکی ئاشکراکردنمان لەبەرچاو گرتووە کە دەڵێت: «من ئاگاداری هەموو ئەوانە دەکەمەوە کە گوێیان لە وشەکانی پێشبینیی ئەم پەڕتووکە دەبێت، هەرکەسێك وشەیەك بۆ ئەم پێشبینییانە زیاد بکات ئەوا خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم پەڕتووکەدا نووسراون. ئەگەر کەسێکیش وشەیەکی پێشبینییەکانی ئەم پەڕتووکە بسڕێتەوە، خودا لە درەختی ژیان و لە شارە پیرۆزەکە بێبەشی دەکات، ئەوەی لەم پەڕتووکەدا نووسراون.» (ئاشکراکردن ٢٢:١٨-١٩)

نزا دەکەین و لە یەزدان دەپاڕێینەوە کە ئەم پەڕتووکە ببێتە مایەی بەرەکەتێکی فراوان بۆ خوێنەری کورد و شکۆداربوونی خودا.

تیمی وەرگێڕان

کانونی یەکەمی ٢٠١٦

# پێشەکی کتێبی پیرۆز

کتێبی پیرۆز پەیامی خۆشەویستییە لە خودای بەدیهێنەرەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، تاکو لە ژێر چەپۆکی کۆیلایەتی گوناە ڕزگاریان ببێت.

کتێبی پیرۆز دابەش دەبێت بۆ دوو بەش بەگوێرەی ئەو دوو پەیمانەی کە خودا لەگەڵ مرۆڤایەتی ڕایگەیاند. سەرەتا خودا پەیمانێکی لەگەڵ ئیبراهیم بەست و پاشان پەیمانێکیشی لە ڕێگەی موساوە لەگەڵ گەلی ئیسرائیل بەست، بە ناوی پەیمانی کۆن. نیشانەی ئەم پەیمانە خەتەنەکردنی هەموو نێرینەیەك بوو، هەروەها بەگوێرەی هەمان پەیمان دەبووایە مرۆڤ خوێنی قوربانی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی خودا لە گوناهەکانی خۆشبێت. پەیمانی کۆن ئامادەسازی بوو بۆ پەیمانێکی گەورەتر کە خوێنی مەسیح لەسەر خاچ ڕژا لە پێناوی لێخۆشبوونی هەموو مرۆڤایەتی، ئەمەش بە پەیمانی نوێ دەناسرێت.

هەرگیز پەیامی پێغەمبەرایەتی بە ویستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو خودا پەیامی خۆی بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆز (ئەو ڕۆحەی کە سروشت و کەسایەتی و دەسەڵاتی خودایە) و لە ڕێگەی کەسانی پیرۆزی هەڵبژێردراوەوە ئاراستەی مرۆڤ کردووە.

کتێبی پیرۆز لە شەست و شەش پەڕتووك پێکدێت (سی و نۆ لە پەیمانی کۆن و بیست و حەوت لە پەیمانی نوێ) کە باسی کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی دەکات، هاوکاتیش ڕاسپاردە و فەرمانەکانی خودا ڕادەگەیەنێت. مێژووی نووسینەوەکەی لە دەوروبەری ١٤٥٠ پ. ز. دەستی پێکردووە و هەتا ساڵی ٥٠ ز. بەردەوام بووە. بە لایەنی کەمەوە چل کەس لە نووسینی کتێبی پیرۆزدا بەشدارییان کردووە، یەکەمیان موسایە و دواییشیان یۆحەنایە، زیاتر لە ١٥٠٠ ساڵی خایاندووە، بە زمانەکانی عیبری و ئارامی و یۆنانی نووسراوە.

بەپێی هەندێك سەرچاوەی باوەڕپێکراو، دەتوانین بڵێین کە کتێبی پیرۆز یەکەم کتێبە کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی دیکە. سەرەتا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئارامی و دواتر وەرگێڕانی حەفتایی لە ساڵی ٢٥٠ پ. ز. وەرگێڕدراوە بۆ زمانی یۆنانی. کتێبی پیرۆز هەتا ئێستا بۆ زیاتر لە ١٦٦٠ زمان و زاراوە وەرگێڕدراوە و هەموو وەرگێڕانەکان ئێستا لەبەردەستدان.

دانانی بەش و ژمارەی ئایەتەکان تەنها بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنە. لە کۆندا کتێبی پیرۆز بۆ بەش و ئایەت دابەش نەکرابوو، هەروەها خاڵ و بۆر و فاریزەشی نەبووە. جولەکەکان بۆ ئاسانی تێگەیشتن پەیمانی کۆنیان بەسەر ژمارە و بەشدا دابەش کرد. لە ساڵی ١٥٥١ ز. دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ ژمارەی بەش و ئایەتەکانی بۆ دانرا.

# پەیمانی کۆن

تەورات

زەبوورەکان

پێغەمبەران

# پێشەکی پەیمانی کۆن

پەیمانی کۆن بناغەی هاتنی پەیمانی نوێیە. خودا یەکەم جار لەگەڵ نوح دوا و پەیمانێکی سەبارەت بە هەموو بەدیهێنراوان لەگەڵ بەست. پاشان خودا لەگەڵ ئیبراهیمی باوکی جولەکە پەیمانێکی بەست کە بەگوێرەی شەریعەت نەبوو، بەڵکو بەپێی بەڵێنی خودا و باوەڕی ئیبراهیم بوو. لە ڕێگەی ئەم پەیمانەوە خودا هەموو جیهانی بەرەکەتدار کرد بەهۆی نەوەی ئیبراهیمەوە. پاشان خودا لە شاخی سینا پەیمانێکی دیکە لە ڕێگەی موساوە لەگەڵ گەلی ئیسرائیلدا بەست. ئەم پەیمانە بەگوێرەی شەریعەت بوو. نیشانەی هەردوو پەیمانە کۆنەکە خەتەنەکردنی هەموو نێرینەیەك بوو. خودا لە ڕێگەی پەیمانی موساوە کۆمەڵێك یاسا و شەریعەتی بۆ مرۆڤ دانا تاکو پەی بە گوناهەکانیان ببەن و بە ڕشتنی خوێنی قوربانی گوناهەکانیان بسڕدرێتەوە. دواتر لەگەڵ داودی پاشادا پەیمانێکی بەست سەبارەت بە پاشایەتی ماڵی داود بە جۆرێك کە نەوەی داود هەتاهەتایە پاشا دەبن. پەیمانی کۆن بەشێکی گەورەی کتێبی پیرۆز پێکدەهێنێت و هەموو پەڕتووکەکانی پێغەمبەرانی جولەکە لەخۆدەگرێت.

بابەتی پەڕتووکەکان جیاوازن، لە دروستبوونی جیهانەوە دەستپێدەکات و دێتە سەر باسی دروستبوونی گەلی جولەکە، دواتریش ڕاسپاردەکانی خودا بۆ گەلی جولەکە. هەروەها چەندین پێشبینی تێدایە سەبارەت بە هاتنی مەسیح. ئەو جەنگ و نەفرەتەی بەسەر گەلی جولەکەدا هاتوون بۆمان دەردەخات کە خودا ڕقی لە گوناهکردن دەبێتەوە چونکە پیرۆزە، خودایەکی ئیرەدارە و نایەوێت مرۆڤ هاوبەشی بۆ دروستبکات. لە هەمان کاتدا، لە پەیمانی کۆن خۆشەویستی نەگۆڕی خودامان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە مرۆڤ. لە ڕێگەی پەیمانی کۆنەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ توانیویەتی چێژ لە ئامادەبوونی خودا وەربگرێت و ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکات. بە کورتی، پەیمانی کۆن ئامرازێکە بۆ ناسینی خودا. تەورات مرۆڤ تەمبێ دەکات هەتا کاتی هاتنی مەسیح. بۆ نموونە، تاکی جولەکە حەزی کردووە داوێنپیسی بکات، بەڵام لە سزای داوێنپیسی ترساوە کە بەردبارانکردن بووە، لەبەر ئەوە ئەنجامی نەداوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام پێغەمبەران هەوڵیان داوە کە گەل لە دڵەوە پابەند و گوێڕایەڵی خودا بن، نەك تەنها هەر بە خەتەنەکردن و قوربانی کردن.

پەیمانی کۆن لە سی و نۆ پەڕتووك پێکهاتووە، بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا دابەش دەبن:

پەیدابوون: باسی بەدیهێنانی جیهان، یاخیبوونی مرۆڤ، پەیمانبەستنی خودا لەگەڵ ئیبراهیم و نەوەکەی و پێکهێنانی گەلی خودا دەکات.

تەورات یان شەریعەتی موسا: پەڕتووکی دەرچوون هەتا پەڕتووکی دواوتار لەخۆدەگرێت. لەم پەڕتووکانەدا خودا شەریعەتی خۆی بە گەلی جولەکە دەناسێنێت، ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی لەسەریان دەسەپێنێت.

مێژوو: پەڕتووکی یەشوع هەتا پەڕتووکی ئەستێر لەخۆدەگرێت. پێکدێن لە دوازدە پەڕتووك، باسی مێژووی گەلی جولەکە و پاشاکانیان دەکەن، هەروەها ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاون.

شیعر و گۆرانی: پەڕتووکی ئەیوب، زەبوورەکان، پەندەکانی سلێمان، ژیرمەندی و گۆرانی گۆرانییەکان لەخۆدەگرێت. ئەم پەڕتووکانە پێکدێن لە کۆمەڵێك شیعر و گۆرانی ڕۆحی کە ستایشن بۆ خودای پەروەردگار، هەروەها کۆمەڵێك فێرکردنی پەروەردەیی ڕۆحی لەخۆدەگرن.

پێشبینی: لە پەڕتووکی ئیشایا هەتا پەڕتووکی مەلاخی لەخۆدەگرێت. ئەم پەڕتووکانە کۆمەڵێك پێشبینییان

تێدایە سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤایەتی بە گشتی و گەلی جولەکە بە تایبەتی، هەروەها هاتنی عیسای مەسیح. ئەم پێغەمبەرانە بۆ دوو کۆمەڵە دابەش دەکرێن بەگوێرەی کورتی و درێژی نووسراوەکانیان، پێغەمبەرە گەورەکان ئیشایا هەتا دانیال لەخۆدەگرێت، کە نووسراوەکانیان درێژن. پێغەمبەرە بچووکەکان هۆشەع هەتا مەلاخی لەخۆدەگرێت، کە نووسراوەکانیان کورتن.

# پەیدابوون

## یەکەم پەڕتووکی موسا

**کورتە باسێك**

**خودا بە چاکەی خۆی گەردوونی بە جوانی بەدی هێنا، بەڵام مرۆڤ یاخی بوو، خوداش لە ڕێگای پەیمانبەستن لەگەڵ هەڵبژێردراوانی گەلی تایبەتی خۆی دروستکرد، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات.**

پەڕتووکی پەیدابوون تۆمارێکە لەلایەن خوداوە لە ڕێگای موسای پێغەمبەرەوە بە مرۆڤ ڕاگەیەنراوە، لە ساڵانی (١٤٢٠-١٢٢٠ پ. ز.). لە دەستپێکیدا بۆمان دووپات دەکاتەوە کە خودا بەدیهێنەری تەواوی گەردوون و مرۆڤە، کە مرۆڤی لە باشترین شوێن و بارودۆخ دانا. لەدوای ئەوەش باسی چۆنیەتی یاخیبوونی مرۆڤ دەکات لە فەرمانی خودا و گوناهباربوونی، هەروەها چۆن خودا پلانی ڕزگارکردنی مرۆڤی داڕشت. موسا بە سروشی خودا (وەحی) ئەم پەڕتووکەی نووسی، تێیدا بە گشتی باسی مێژووی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی نەتەوەکانی کردووە، هەروەها بە تایبەتی باسی سەرەتای مێژووی جولەکەی کردووە. لە سەردەمی ئیبراهیم و ئیسحاقی کوڕی و یاقوبی نەوەیەوە، بە وردی باسی گرنگترین چیرۆکی مرۆڤایەتی دەکات کە ئەویش ئیبراهیمی باوکی گەلی خودایە. سەرگوزەشتەی ئیبراهیم لە خاکی میسۆپۆتامیاوە دەستپێدەکات، لە خۆشەویستی و لەخواترسی ئیبراهیمەوە، ئینجا پەیمانی خودا لەگەڵ ئیبراهیم دێتە کایەوە. بە چیرۆکی فرۆشتنی یوسف و گەشەکردنی و کۆچی گەلی خودا بۆ میسر کۆتایی بەم پەڕتووکە دێت.

کرۆکی ئەم پەڕتووکە باس لە ناساندنی خودا دەکات. لەگەڵ ئەوەی خودا هەموو شتێکی بە باشترین شێوە دروستکرد، گوناه هات و جوانی بەدیهێنراوەکانی شێواند. سەرباری ئەوەش خودا دەستی بە داڕشتنی پلانێك کرد بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ. هەروەها باسی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ دەکات، باسی دەسەڵاتی ڕەهای خودا دەکات، دوای ئەوەش چۆن خودا پەیمانی لەگەڵ خەڵکە هەڵبژێردراوەکەی خۆی بەست، قوربانی سەپاند وەك ژیان لەبری ژیان.

### سەرەتای بەدیهێنان

١ لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.
٢زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش
لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر
ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.

### ڕۆژی یەکەم: ڕووناکی

٣خودا فەرمووی: «با ڕووناکی ببێت.» ئینجا
ڕووناکی بوو.
٤خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باش
بوو. ئیتر خودا ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە.
٥خودا ڕووناکییەکەی ناونا «ڕۆژ» و تاریکییەکەی
ناونا «شەو.» ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی
یەکەم بوو.

### ڕۆژی دووەم: لێك جیاکردنەوەی ئاوەکان

٦خودا فەرمووی: «با بۆشاییەك[a] لەنێوان
ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو.»
٧خودا
بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی
لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا
ئاوا بوو.
٨خودا بۆشاییەکەی ناونا «ئاسمان.» جا
ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

### ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی

٩خودا فەرمووی: «با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە
یەك شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت.» جا

---

[a] ٦ بۆشاییەك: بۆشاییەکی لێککشاوە.

ئاوا بوو. ١٠خودا وشکانییەکەی ناونا «زەوی». ئاوە
کۆبووەوەکەشی ناونا «دەریا». خوداش بینی کە
ئەمە باش بوو.
١١ئینجا خودا فەرمووی: «با زەوی سەوزایی بدات:
ڕووەکی تۆودار و داری بەردار لەسەر زەوی، ئەوەی
تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لە جۆری خۆی.» جا ئاوا
بوو. ١٢زەوی سەوزایی دا: ڕووەکی تۆودار لە جۆری
خۆی و دار کە بەر دروستبکات و تۆوەکەی تێدابێت
لە جۆری خۆی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. ١٣جا
ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.

## ڕۆژی چوارەم: مانگ و ڕۆژ

١٤ئینجا خودا فەرمووی: «با لە بۆشایی ئاسماندا
ڕووناکییەکان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لە شەو،
هەروەها بۆ نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ. ١٥با
ڕووناکییەکان لە بۆشایی ئاسماندا بن، تاکو سەر
زەوی ڕووناک بکەنەوە.» جا ئاوا بوو. ١٦هەروەها
خودا دوو ڕووناکییە مەزنەکەی دروستکرد،
ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ،
ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەوایەتی
شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش. ١٧خودا لە بۆشایی
ئاسماندا بۆ ڕووناککردنەوەی سەر زەوی دایانان، ١٨بۆ
فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی
لە تاریکی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو. ١٩جا
ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو.

## ڕۆژی پێنجەم: باڵندە و ماسی

٢٠ئینجا خودا فەرمووی: «با ئاوەکان پڕ ببن لە
ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش لە بۆشایی
ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێت.» ٢١ئیتر خودا
بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدیهێنا، لەگەڵ
هەموو زیندەوەرە جوڵاوەکانی ناو ئاوەکان کە
لێی پڕبوون، بەپێی جۆرەکانیان، لەگەڵ هەموو
باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکانیان. خوداش
بینی کە ئەمە باش بوو. ٢٢خودا بەرەکەتداری کردن و
فەرمووی: «بەردار بن و زۆر بن و ئاوی دەریاکان پڕ
بکەن، با باڵندەکانیش لەسەر زەوی زۆر ببن.» ٢٣جا
ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو.

## ڕۆژی شەشەم: ئاژەڵ و مرۆڤ

٢٤خودا فەرمووی: «با زەوی بوونەوەرە زیندووەکان
لە جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت. ئاژەڵی ماڵی و
خشۆکی زەوی و ئاژەڵی کێوی، هەریەکەیان لە جۆری
خۆی.» جا ئاوا بوو. ٢٥خودا ئاژەڵی کێوی بەپێی جۆری
خۆیان دروستکرد، ئاژەڵی ماڵیش بەپێی جۆری خۆیان
و هەموو خشۆکێکیش لەسەر زەوی بەپێی جۆری
خۆیان. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.
٢٦ئینجا خودا فەرمووی: «با مرۆڤ لەسەر
وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت.
با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی
ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا،
هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی
بەسەر زەویدا دەخشێن.»

٢٧خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا،
لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا،
بە نێر و مێ بەدیهێنان.

٢٨خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون:
«بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە
ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا
و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی
زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.»
٢٩ئینجا خودا فەرمووی: «هەموو ڕووەکی تۆودار
کە لە سەرتاسەری ڕووی زەوییە داومە بە ئێوە،
لەگەڵ هەموو دارێکیش کە بەری هەیە و تۆوی
خۆی تێدایە. بۆ ئێوە دەبنە خۆراك. ٣٠بۆ هەموو
گیانلەبەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و
هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو
بوونەوەرێك کە هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو
ڕووەکی سەوزم بۆ خۆراك پێداون.» جا ئاوا بوو.
٣١خودا بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو

زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە
ڕۆژی شەشەم بوو.

## ڕۆژی حەوتەم: پشوودان

٢ بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیاندا
ڕێکخرابوو تەواو کران.
[٢]ئیتر خودا لە ڕۆژی حەوتەم لەو کارەی کە کردبووی
تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو
کارەکانی پشووی دا. [٣]خودا ڕۆژی حەوتەمی بەرەکەتدار
و پیرۆز کرد، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکانی پشووی
دا، هەموو ئەوەی خودا بەدیهێنا و دروستی کرد.

## ئادەم و حەوا

[٤]ئەمانەش ڕێکخستنەکانی ئاسمان و زەوین کاتێك
بەدی هێنران، لەو ڕۆژەی یەزدانی پەروەردگار زەوی
و ئاسمانی دروستکرد.

[٥]هێشتا هیچ دەوەنێکی کێڵگە لەسەر زەوی نەبوو،
هەروەها هیچ ڕووەکێکی کێڵگەش هێشتا سەری
دەرنەکردبوو، چونکە هێشتا یەزدانی پەروەردگار
بارانی بەسەر زەویدا نەباراندبوو. هیچ مرۆڤێکیش
نەبوو ئیشی جوتیاری بکات. [٦]بەڵام تەم لە زەوییەوە
سەردەکەوت و هەموو ڕووی زەوی ئاو دەدا. [٧]جا
یەزدانی پەروەردگار پیاوی لە خۆڵی زەوی[a] پێکهێنا
و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش
پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.
[٨]ئینجا یەزدانی پەروەردگار باخچەیەکی لە
عەدەن، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێش پیاوەکەی
دانا کە پێکی هێنابوو. [٩]یەزدانی پەروەردگار هەموو
ئەو جۆرە درەختانەی کە لەبەرچاو جوان بوون و
بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشەی پێکرد.
درەختی ژیانیش لەناوەڕاستی باخچەکەدا بوو،
هەروەها درەختی زانینی چاکە و خراپە.
[١٠]ڕووبارێك لە عەدەنەوە هەڵدەقوڵا و لەبەری

[a] ٧ لە زمانی عیبری بە پیاو دەگوترێت ئادام، کە نزیکە لە وشەی ئەداما کە بە واتای زەوی دێت.

دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بووەوە
و بووە چوار لق: [١١]ناوی یەکەمیان پیشۆنە کە بە
هەر چوار لای هەموو زەوی حەڤیلادایە، کە زێڕی
لێیە. [١٢]زێڕی ئەو زەوییە چاکە، هەروەها سرێشی[b]
داری بۆن خۆش و بەردی عاشقبەندیشی لێیە. [١٣]ناوی
ڕووباری دووەمیان گیحۆنە، کە بە شێوەی پێچاوپێچ
بە هەموو خاکی کوشدا[c] دەڕوات. [١٤]ناوی ڕووباری
سێیەم دجلەیە،[d] ئەمیش بە ڕۆژهەڵاتی شاری
ئەشووردا[e] دەڕوات. ڕووباری چوارەمیش فوراتە.
[١٥]یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی هێنا و لە
باخچەی عەدەن داینا، بۆ ئیشی جوتیاری و بایەخ
پێدانی. [١٦]یەزدانی پەروەردگار فەرمانی بە پیاوەکە
دا و فەرمووی: «تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی
باخچەکە بخۆیت، [١٧]بەڵام بۆت نییە لە درەختی
زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی
بخۆیت بێگومان دەمریت.»
[١٨]یەزدانی پەروەردگار فەرمووی: «باش نییە
بۆ پیاو بە تەنها بێت. یاریدەرێکی هاوشانی بۆ
دروستدەکەم.»
[١٩]یەزدانی پەروەردگار هەر لە خۆڵی زەوی هەموو
ئاژەڵی کێوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمانی پێکهێنا.
ئینجا بۆ پیاوەکەی هێنا هەتا ببینێت ناوی چییان
لێ دەنێت، هەر ناوێك کە پیاوەکە لە هەریەك
لەم بوونەوەرە زیندووانەی نا، ئەوە ناوەکەی بوو.
[٢٠]پیاوەکە ناوی لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و باڵندەی
ئاسمان و ئاژەڵی کێوی نا.
بەڵام بۆ پیاوەکە[f] هیچ یاریدەرێکی هاوشان
نەدۆزرایەوە.

[b] ١٢ شیلەیەکی لینجە لە هەندێك دارودرەخت دەردەچێت، کاتێك بریندار دەکرێت یان دەبڕدرێت.

[c] ١٣ دەشێت باشووری ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا بێت.

[d] ١٤ دجلە: عیبری حیدەقەل هەمان ڕووباری دجلەیە.

[e] ١٤ وڵاتی ئاشور لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دجلە بوو، بەڵام شاری ئەشوور لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووبارەکە بوو. پاشان ناونراوە بە نەینەوا. بڕوانە پەیدابوون ١١:١٠.

[f] ٢٠ بۆ پیاوەکە: بۆ ئادەم. لە زمانی عیبری بە وشەی لئادام هاتووە، واتە (بۆ پیاوەکە) یان (بۆ ئادام).

٢١ لە ئەنجامدا یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێك خەوتبوو، یەکێك لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە. ٢٢ ئینجا یەزدانی پەروەردگار ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیاد نا کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.

٢٣ پیاوەکە گوتی:

«ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و
گۆشتە لە گۆشتم.
ئەمە ناودەبردرێت بە ”ئافرەت“[a]
چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.»

٢٤ لەبەر ئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دەبنە یەك جەستە.
٢٥ پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد.

## کەوتنی مرۆڤ

٣ مار لە هەموو ئاژەڵی کێوی سەر زەوی، ئەوانەی یەزدانی پەروەردگار دروستی کردبوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازتر بوو. بە ئافرەتەکەی گوت: «ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: ”بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟“»

٢ ئافرەتەکەش بە مارەکەی گوت: «بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، ٣ بەڵام خودا فەرمووی: ”بۆتان نییە لە بەری ئەو دارە بخۆن، کە لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.“»

٤ مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: «نا بەڕاستی نامرن، ٥ چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەك خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن.»

٦ کاتێك ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد و وات لێ دەکات دانا بێت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی. ٧ ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانییان کە ڕووتن، ئیتر گەڵای هەنجیریان لێك دووری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروستکرد.

٨ ئینجا پیاوەکە و ژنەکەی گوێیان لە دەنگی یەزدانی پەروەردگار بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژ، ئەوانیش لەنێو درەختەکانی باخچەکە خۆیان لە یەزدانی پەروەردگاریان شاردەوە. ٩ بەڵام یەزدانی پەروەردگاریش پیاوەکەی بانگکرد و فەرمووی: «لەکوێیت؟»

١٠ ئەویش وەڵامی دایەوە: «لە باخچەکە گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆمم شاردەوە.»

١١ ئەویش فەرمووی: «کێ بە تۆی گوت کە ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟»

١٢ پیاوەکەش گوتی: «ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، ئەو لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.»

١٣ ئینجا یەزدانی پەروەردگار بە ئافرەتەکەی فەرموو: «ئەمە چییە تۆ کردووتە؟»

ئافرەتەکەش گوتی: «مارەکە فریوی دام و منیش خواردم.»

١٤ یەزدانی پەروەردگار بە مارەکەی فەرموو: «لەبەر ئەوەی ئەمەت کرد،

«تۆ نەفرەت لێکراویت زیاتر لە هەموو ئاژەڵێکی
ماڵی و
هەموو ئاژەڵێکی کێوی.
هەموو تەمەنیشت
لەسەر سکت دەخشێیت و
خۆڵ دەخۆیت.
١٥ دوژمنایەتیش دەخەمە
نێوان تۆ و ئافرەتەکە،
نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە.

[a] ٢٣ ئافرەت: لە زمانی عیبری وشەی ئیش بە واتای پیاوە، ئافرەتیش ئیشا.

نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە[a] و
تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.»

[١٦]بە ئافرەتەکەشی فەرموو:

«ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم،
بە ژانەوە منداڵت دەبێت.
ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و
ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.»

[١٧]ئینجا بە پیاوەکەشی فەرموو: «لەبەر ئەوەی
تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد
کە فەرمانم پێ کردبوویت، ”نابێت لێی بخۆیت،“

«ئەوا زەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە.
بە ڕەنجکێشانیش
هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت.
[١٨]دڕکوداڵت بۆ بەرهەم دێنێت و
ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت.
[١٩]بە ئارەقەی ناوچەوانت
نان دەخۆیت،
هەتا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی،
کە لێیەوە وەرگیراویت،
لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و
بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.»

[٢٠]ئادەم[b] ناوی ژنەکەی نا حەوا[c]، چونکە دەبێتە
دایکی هەموو زیندووان.

[٢١]یەزدانی پەروەردگار بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە
پێست دروستکرد و لەبەری کردن. [٢٢]ئینجا یەزدانی
پەروەردگار فەرمووی: «ئێستا مرۆڤ بووە بە یەکێکی
وەک خۆمان، چاکە و خراپە دەزانێت، ئێستاش ڕێگەی
پێ نادرێت دەستی درێژ بکات و لە داری ژیانیش
بکاتەوە و بیخوات، بۆ هەتاهەتایە بژیێت.» [٢٣]ئیتر
یەزدانی پەروەردگار لە باخچەی عەدەن دەریکرد، بۆ
ئەوەی لەو زەوییە ئیش بکات کە لەوێوە وەرگیراوە.
[٢٤]دوای ئەوەی مرۆڤی دەرکرد، بۆ پاسەوانی ڕێگای
درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەن
کەڕوبەکانی[d] دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە
هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە.

## قایین و هابیل

٤ ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو، ئەویش
سکی پڕ بوو، قایینی[e] بوو. گوتی: «لەلایەن
یەزدانەوە پیاوێك بووە بەرهەمم.» [٢]پاشان هابیلی
برای بوو.

ئیتر هابیل بووە شوانی مێگەل و قایینیش جوتیار
بوو. [٣]دوای ماوەیەك قایین هەندێك بەروبوومی
زەوی پێشکەش بە یەزدان کرد. [٤]هەروەها هابیل
لە چەوری باشترین نۆبەرەی مێگەلەکەی پێشکەش
کرد. جا هابیل و قوربانییەکەی جێی ڕەزامەندی
یەزدان بوون. [٥]بەڵام قایین و پێشکەشکراوەکەی جێی
ڕەزامەندی یەزدان نەبوون. جا قایین زۆر تووڕە بوو
و ڕووی خۆی گرژ کرد.

[٦]یەزدان بە قایینی فەرموو: «بۆ تووڕە بوویت و
ڕووی خۆتت گرژ کردووە؟ [٧]ئایا ئەگەر ئەوەی چاکە
ئەنجامی بدەیت، قبوڵ ناکرێیت؟ خۆ ئەگەر ئەوەی
چاکە ئەنجامی نەدەیت ئەوا گوناە لە بەردەرگا خۆی
مات کردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ دەبێت
بەسەریدا زاڵ ببیت.»

[٨]جا قایین بە هابیلی برای گوت: «با بچینە
کێڵگەکە.» واش ڕوویدا کاتێك هەردووکیان لە کێڵگە
بوون، قایین پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی.

[٩]یەزدان بە قایینی فەرموو: «کوا هابیلی برات؟»

ئەویش گوتی: «نازانم، خۆ من پاسەوانی براکەم
نیم؟»

[١٠]جا یەزدان فەرمووی: «چیت کردووە؟ گوێ
بگرە! دەنگی خوێنی براکەت لە زەوییەوە هاوارم

[a] ١٥ ئاماژەیەکە بۆ خاچی مەسیح کە دواتر هات دەسەڵاتی شەیتانی تێکدا.

[b] ٢٠ ئادەم: لە عیبریدا بە وشەی ها ئادام هاتووە، واتە پیاوەکە.

[c] ٢٠ لە زمانی عیبری دەنگی وشەکە نزیکە لە وشەی زیندووی عیبری.

[d] ٢٤ کەڕوبەکان: بە واتای فریشتەکان هاتووە.

[e] ١ هەروەها قابیلیش پێ دەگوترێت.

بۆ دەکات. ١١ئێستاش تۆ نەفرەت لێکراویت لەو
زەوییەی کە دەمی بۆ وەرگرتنی خوێنی براکەت
کردەوە لە دەستی تۆ. ١٢کاتێک ئیش لە زەوییەکە
بکەیت، چیتر بەری خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی
دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبیت.»

١٣قایین بە یەزدانی گوت: «سزاکەم لەوە
گەورەترە کە بتوانم بەرگەی بگرم. ١٤ئەمڕۆ لەسەر
زەوی دەرتکردم، لەبەر ئامادەبوونی تۆ ون دەبم
و دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبم لەسەر زەوی.
هەرکەسێکیش تووشم بێت دەمکوژێت.»

١٥بەڵام یەزدان پێی فەرموو: «ناکرێت وابێت،
هەرکەسێک قایین بکوژێت ئەوا حەوت ئەوەندە
تۆڵەی لێ دەستێنرێتەوە.» ئینجا یەزدان نیشانەیەکی بە
قایینەوە کرد هەتا هەرکەسێک تووشی بێت نەیکوژێت.
١٦ئیتر قایین لەبەردەمی یەزدان چووە دەرەوە و لە
خاکی نۆد لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو.

١٧قایین لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو، ئەویش سکی
پڕ بوو و حەنۆخی بوو. ئەو کاتە شارێکی بنیاد
دەنا، شارەکەی بە ناوی کوڕەکەیەوە ناونا حەنۆخ.
١٨حەنۆخ عیرادی بوو، عیرادیش مەحویائێلی بوو،
مەحویائێلیش مەتوشائێلی بوو، مەتوشائێلیش
لامەخی بوو.

١٩لامەخ دوو ژنی هێنا، یەکێکیان ناوی عادا بوو،
ئەوی دیکەشیان ناوی چیلا بوو. ٢٠لە عاداوە یابال
بوو کە باوکی چادرنشینان و ئەوانەی کە خاوەن
مەڕومالآت بوون. ٢١براکەشی ناوی یوبال بوو کە باوکی
هەموو ئەوانە بوو کە قیسارەیان دەژەند و شمشاڵیان
لێدەدا. ٢٢چیلاش کوڕێکی بوو توبەل قەین کە وەستای
هەموو ئەو جۆرە ئامێرانە بوو کە لە بڕۆنز و ئاسن
بوون. نەعماش خوشکی توبەل قەین بوو.
٢٣لامەخ بە هەردوو ژنەکەی گوت:

«عادا و چیلا، گوێتان لێم بێت،
ئەی هەردوو ژنەکەی لامەخ، گوێ بۆ قسەکانم
شل بکەن.
پیاوێکم کوشتووە لەسەر ئەوەی برینداری کردم،
لاوێکێش لەسەر ئەوەی زامداری کردم.
٢٤ئەو بۆ قایین حەوت جار تۆڵە دەستێنێتەوە،
بەڵام بۆ لامەخ ئەوا حەفتا و حەوت جار.»

٢٥جارێکی دیکە ئادەم لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو،
کوڕێکی بوو و ناوی لێنا شیت. ئینجا گوتی: «خودا لە
جیاتی هابیل کوڕێکی دیکەی بۆ دیاری کردم، ئەوەی
قایین کوشتی.» ٢٦هەروەها شیت کوڕێکی بوو ناوی
لێنا ئەنۆش.

لەو کاتە بوو کە خەڵکی دەستیان کرد بە نزاکردن
بە ناوی یەزدانەوە[a].

## لە ئادەمەوە هەتا نوح

٥ ئەمە تۆماری نەوەکانی ئادەمە.

ئەو ڕۆژەی خودا مرۆڤی بەدیهێنا، لەسەر
شێوەی خودا دروستی کرد. ٢بە نێر و مێ بەدیهێنان
و بەرەکەتداری کردن. ئەو ڕۆژەی بەدیهێنان ناوی
لێنان «مرۆڤ».

٣کاتێک ئادەم تەمەنی سەد و سی ساڵ بوو،
کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی و لە خۆی دەچوو، ناوی
لێنا شیت. ٤دوای لەدایکبوونی شیت، ئادەم هەشت
سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ٥هەموو
تەمەنی ئادەم نۆ سەد و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد.

٦کاتێک شیت تەمەنی سەد و پێنج ساڵ بوو،
ئەنۆش لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. ٧دوای لەدایکبوونی
ئەنۆش، شیت هەشت سەد و حەوت ساڵ ژیا، کوڕ و
کچی دیکەشی بوو. ٨هەموو تەمەنی شیت نۆ سەد و
دوازدە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

٩کاتێک ئەنۆش تەمەنی نەوەد ساڵ بوو، قێنان لە
نەوەی ئەو لەدایکبوو.
١٠دوای لەدایکبوونی قێنان، ئەنۆش هەشت سەد
و پازدە ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. ١١هەموو
تەمەنی ئەنۆش نۆ سەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.
١٢کاتێک قێنان تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، مەهلەلئێل

[a] ٢٦ یەزدان: لە زمانی عیبری بە وشەی یەهوا هاتووە. خودا ئەم ناوەی بۆ خۆی بەکارهێناوە، بۆ بەستنی پەیمان لەگەڵ مرۆڤ. بڕوانە پەڕتووکی دەرچوون ٣:١٣-١٥.

لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [١٣]دوای لەدایکبوونی مەهلەلئێل، قێنان هەشت سەد و چل ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [١٤]هەموو تەمەنی قێنان نۆ سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

[١٥]کاتێک مەهلەلئێل تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، یارەد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [١٦]دوای لەدایکبوونی یارەد، مەهلەلئێل هەشت سەد و سی ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [١٧]هەموو تەمەنی مەهلەلئێل هەشت سەد و نەوەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.

[١٨]کاتێک یارەد تەمەنی سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، حەنۆخ لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [١٩]دوای لەدایکبوونی حەنۆخ، یارەد هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [٢٠]هەموو تەمەنی یارەد نۆ سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، ئیتر مرد.

[٢١]کاتێک حەنۆخ تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، مەتوشالح لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [٢٢]دوای ئەوەی حەنۆخ مەتوشالحی بوو، سێ سەد ساڵ دۆستایەتی خودای کرد، هەروەها کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [٢٣]ئیتر هەموو ماوەی ژیانی حەنۆخ سێ سەد و شەست و پێنج ساڵ بوو. [٢٤]حەنۆخ دۆستی خودا بوو، ئیتر کەس نەیبینییەوە، چونکە خودا بردییەوە لای خۆی.

[٢٥]کاتێک مەتوشالح تەمەنی سەد و هەشتا و حەوت ساڵ بوو، لامەخ لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [٢٦]دوای لەدایکبوونی لامەخ، مەتوشالح حەوت سەد و هەشتا و دوو ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [٢٧]هەموو تەمەنی مەتوشالح نۆ سەد و شەست و نۆ ساڵ بوو، ئیتر مرد.

[٢٨]کاتێک لامەخ تەمەنی سەد و هەشتا و دوو ساڵ بوو، کوڕێکی بوو. [٢٩]ناوی لێنا نوح[a]، گوتی: «ئەمە لە کار و ماندووبوونی دەستمان دڵنەواییمان دەکات، کە لەو زەوییە دەیچێژین یەزدان نەفرەتی لێ کردووە.» [٣٠]دوای لەدایکبوونی نوح، لامەخ پێنج سەد و نەوەد و پێنج ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو. [٣١]هەموو تەمەنی لامەخ حەوت سەد و حەفتا و حەوت ساڵ بوو، ئیتر مرد.

[٣٢]دوای ئەوەی نوح تەمەنی پێنج سەد ساڵ بوو، سام[b] و حام و یافەتی بوو.

## خودا ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنێت

٦ کاتێک مرۆڤ دەستیان بە زیادبوون کرد لەسەر ڕووی زەوی و کچیان بوو، [٢]کوڕانی خودا بینییان کچانی مرۆڤ جوانن. جا لە هەموو ئەوانەی هەڵیانبژاردن ژنیان هێنا. [٣]ئینجا یەزدان فەرمووی: «ڕۆحی من هەتاسەر ململانێ لەگەڵ مرۆڤ ناکات، چونکە مەرگدارن؛ ڕۆژانی ژیانیان دەبێتە سەد و بیست ساڵ.»

[٤]لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی نەفیلیم[c] هەبوون. لەدوای ئەوەی کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ منداڵیان لێیان بوو، منداڵەکان بوونە ئەو پاڵەوانانەی کە لە کۆنەوە ناوبانگیان هەیە.

[٥]یەزدان بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیروبۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. [٦]یەزدان خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو. [٧]ئیتر یەزدان فەرمووی: «مرۆڤ دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆک و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوانەی کە دروستم کردوون.» [٨]بەڵام نوح لەبەرچاوی یەزدان ڕەزامەندی بەدەستهێنابوو.

[٩]ئەمانەش نەوەکانی نوحن.

نوح پیاوچاك و بێ کەموکوڕی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو، دۆستی خودا بوو. [١٠]نوح سێ کوڕی بوو: سام و حام و یافەت.

[١١]زەویش لەبەردەم خودا گەندەڵ بوو و پڕیش بوو لە توندوتیژی. [١٢]خودا بینی زەوی چەند گەندەڵ بووە، چونکە هەموو مرۆڤێك ژیانی خۆی لەسەر زەوی گەندەڵ کردبوو. [١٣]ئیتر خودا بە نوحی فەرموو: «من

[a] ٢٩ نوح لە وشەی (دڵنەواییکردن) لە زمانی عیبری نزیکە.

[b] ٣٢ سام: عیبری شێم.

[c] ٤ نەفیلیم وشەیەکی عیبرییە، بە واتای مرۆڤی زەبەلاح دێت.

کۆتایی بە بوونی هەموو ئادەمیزاد دەهێنم، چونکە بەهۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە توندوتیژی. وا لەگەڵ زەوی لەناویان دەبەم. ١٤ کەشتییەک بۆ خۆت لە تەختەی دار سەروو دروستبکە، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. ١٥ ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد باڵ درێژی کەشتییەکە بێت، پەنجا باڵ پانی بێت، سی باڵیش بەرزی بێت.[a] ١٦ بە ئەندازەی باڵێک[b] بۆشایی لەسەر کەشتییەکە بانێکی بۆ دروستدەکەیت، کەشتییەکە تەواو دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لەتەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە. ١٧ من وا ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لەژێر ئاسمان، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناودەچێت. ١٨ بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکەوە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت. ١٩ لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دەهێنیتە ناو کەشتییەکەوە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویتی. ٢٠ جووتێک لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی باڵندە و لە جۆرەکانی ئاژەڵ و لە جۆرەکانی بوونەوەرە خشۆکەکانی زەوی دێنە لات، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویتی. ٢١ تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخورێت بیبە و لەلای خۆت کۆی بکەرەوە، تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی.»

٢٢ جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردبوو، ئەنجامی دا.

## ٧

ئینجا یەزدان بە نوحی فەرموو: «بە خۆت و خاووخێزانەکەتەوە بڕۆنە ناو کەشتییەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لەبەردەمم. ٢ لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێرینەیەک و مێینەکەی، جووتێک دەبەیت. ٣ لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی ڕەگەزەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی. ٤ دوای حەوت ڕۆژی دیکە، چل شەو و چل ڕۆژ باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.»

٥ نوح هەموو شتێکی ئەنجام دا، بەپێی ئەوەی یەزدان فەرمانی پێدا.

٦ نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو کە ئاوی لافاو لەسەر زەوی هەستا. ٧ نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی پێش ئاوی لافاوەکە چوونە ناو کەشتییەکە. ٨ لە ئاژەڵە پاک و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندە و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەسەر زەوی دەخشێن، ٩ جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە لای نوح و چوونە ناو کەشتییەکە، هەروەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو. ١٠ دوای حەوت ڕۆژەکە ئاوی لافاوەکە هاتە سەر زەوی.

١١ کاتێک نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەم، لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی دەریا گەورەکەی ژێر زەوی[c] تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە. ١٢ چل شەو و چل ڕۆژیش لەسەر زەوی باران باری.

١٣ هەر لە هەمان ڕۆژدا نوح و کوڕەکانی، سام و حام و یافەت، پێکەوە لەگەڵ ژنەکەی و هەر سێ بووکەکەی چوونە ناو کەشتییەکە. ١٤ لەگەڵیان هەموو ئاژەڵە کێوییەکان بەپێی جۆریان و هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان بەپێی جۆریان و هەموو بوونەوەرە خشۆکەکانی لەسەر زەوی دەخشێن بەپێی جۆریان و هەموو باڵندەیەک بەپێی جۆریان و هەموو باڵدارێک. ١٥ جووت جووت لە هەموو بوونەوەرێک کە هەناسەی ژیانیان تێدابوو چوونە ناو کەشتییەکە، بۆ لای نوح. ١٦ ئەوانەی دەهاتنە ناوەوە لە نێر و مێی هەموو گیاندارێکی زیندوو بوون، وەک چۆن خودا

[a] ١٥ درێژی کەشتییەکە نزیکەی ١٤٠ مەتر، پانییەکەی ٢٣ و بەرزییەکەی ١٤ مەتر بوو.

[b] ١٦ باڵێک: نزیکەی نیو مەتر.

[c] ١١ بەپێی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کۆن دەریای (ژێر زەوی) هەبووە کە سەرچاوەی کانیاو و ڕووبارەکان بوو.

فەرمانی بە نوح دابوو. ئینجا یەزدان لەدوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست.

[١٧]لافاوەکە بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەسەر زەوی بەردەوام بوو. کاتێك ئاو زۆر بوو کەشتییەکەی هەڵگرت، ئیتر کەشتییەکە لە زەوی بەرزبووەوە. [١٨]ئاو لەسەر زەوی بەرزبووەوە و گەلێك زۆر بوو، کەشتییەکەش لەسەر ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشت. [١٩]ئاو لەسەر زەوی زۆر بەرزبووەوە هەتا هەموو شاخە بەرزەکانی ژێر هەموو ئاسمان داپۆشران. [٢٠]بە بەرزی پازدە باڵ[a] ئاو لەسەر شاخەکان بەرزبووەوە، شاخەکانیش داپۆشران. [٢١]ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجوڵایەوە لەناوچوو، لە باڵندە و ئاژەڵی ماڵی و ئاژەڵی کێوی و هەموو ئەو کۆمەڵە زیندەوەرانەی لەسەر زەوی دەجوڵانەوە، هەموو ئادەمیزادیش. [٢٢]هەر شتێك لەسەر وشکانی کە هەناسەی ژیان لە لووتیدا بوو، مرد. [٢٣]هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لەسەر زەوی سڕانەوە. تەنها نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکە لەگەڵی بوون.

[٢٤]ئاوی لافاویش سەد و پەنجا ڕۆژ لەسەر زەوی بوو.

## ٨

ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد[b]، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بووەوە. [٢]سەرچاوەکانی قووڵایی و دەروازەکانی ئاسمان داخران. بارانیش لە ئاسمانەوە وەستا. [٣]ئاو بەرەبەرە لە زەوی بەرەو دواوە گەڕایەوە. دوای سەد و پەنجا ڕۆژ ئاو کەم بووەوە. [٤]لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی حەوتەم کەشتییەکە لەسەر چیاکانی ئارارات گیرسایەوە. [٥]هەتا مانگی دەیەم هەتا دەهات ئاو کەمی دەکرد. لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەیەم لووتکەی شاخەکان دەرکەوتن.

[٦]دوای چل ڕۆژ، نوح ئەو پەنجەرە بچووکەی کردەوە کە لە کەشتییەکە کردبووی. [٧]ئینجا قەلەڕەشێکی نارد. ئەویش دەهات و دەچوو هەتا ئاو لەسەر ڕووی زەوی وشك بووەوە. [٨]پاشان کۆترێکی نارد بۆ ئەوەی ببینێت ئایا ئاوەکە لەسەر ڕووی زەوی کەمی کردووە. [٩]بەڵام کۆترەکە شوێن پێیەکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە، چونکە ئاو لەسەر هەموو ڕووی زەوی بوو، ئیتر گەڕایەوە لای نوح بۆ کەشتییەکە. ئەویش دەستی بۆ ڕاگرت و گرتی، بردییەوە لای خۆی، بۆ ناو کەشتییەکە. [١٠]حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و دیسان کۆترەکەی لە کەشتییەکەوە ڕەوانە کرد. [١١]کۆترەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ لای، ئەم جارەیان گەڵایەکی تەڕ و تازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. نوح زانی کە ئاو لەسەر ڕووی زەوی کەمی کردووە. [١٢]حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و جارێکی دیکە کۆترەکەی ناردەوە، بەڵام ئەم جارەیان کۆترەکە نەگەڕایەوە لای.

[١٣]نوح لە یەکی مانگی یەکەمی شەش سەد و یەکەمین ساڵیدا بوو، کە ئاو لە زەوی وشك بووەوە. نوح پۆشاکی سەر کەشتییەکەی لابرد و بینی وا ڕووی زەوی وشك بووەتەوە. [١٤]لە بیست و حەوتی مانگی دووەم زەوی بە تەواوی وشك بووەوە.

[١٥]ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: [١٦]«لە کەشتییەکە وەرە دەرەوە، خۆت و ژنەکەت و کوڕەکانت و بووکەکانت. [١٧]هەموو ئەو گیاندارانەی لەگەڵتن، لە باڵندە و ئاژەڵ و هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی لەسەر زەوی دەخشێن. لەگەڵ خۆت بیانهێنە دەرەوە، با زەوی پڕ بکەنەوە و بەردار ببن و لەسەر زەوی زۆر ببن.»

[١٨]جا نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی لەگەڵی هاتنە دەرەوە. [١٩]هەموو گیاندارەکانیش بە هەموو بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی دەبزوێن، بەپێی جۆرەکانیان لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە.

[٢٠]نوح قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد، لە

[a] ٢٠ پازدە باڵ: نزیکەی ٧ مەترە.

[b] ١ مەبەست لێرە ئەوە نییە کە خودا شتێکی لەبیر چووە و جارێکی دیکە دێتەوە یادی، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە خودا مرۆڤەکە بەسەردەکاتەوە.

هەموو ئاژەڵە پاکەکان و لە هەموو باڵندە پاکەکانی
هێنا و لەسەر قوربانگاکە کردنی بە قوربانی سووتاندن.
٢١جا یەزدان بە بۆنەکە ڕەزامەند بوو، لە دڵی خۆی
فەرمووی: «جارێکی دیکە بەهۆی مرۆڤەوە نەفرەت
لە زەوی ناکەم، چونکە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە دڵی
مەیلی خراپەکاری هەیە. جارێکی دیکە نایەم هەرچی
بوونەوەری زیندوو هەیە لەناوی ببەم، وەك چۆن کردم.

٢٢«هەتا زەوی بمێنێت،
چاندن و دروێنە،
ساردی و گەرمی،
هاوین و زستان،
شەو و ڕۆژ،
هەرگیز وەستانی نابێت.»

## پەیمانی خودا لەگەڵ نوح و نەوەی دواییدا

٩ ئیتر خودا نوح و کوڕەکانی بەرەکەتدار کرد،
پێی فەرموون: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ
بکەن. ٢با ئێوە ترس و سامتان هەبێت لەسەر هەموو
گیانلەبەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان
و لەسەر هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە لەسەر زەوی
دەجوڵێنەوە، هەروەها لەسەر هەموو ماسییەکانی
دەریاش، ئەوان خراونەتە بەردەستی ئێوە. ٣هەموو
ئەوانەی گیاندارن و دەبزوێن دەبنە خۆراك بۆتان:
هەروەك چۆن ڕووەکی سەوزم پێداون، ئێستا هەموو
شتێکتان دەدەمێ.

٤«بەڵام نابێت گۆشتێك بخۆن کە هێشتا زیندووە،
واتە کە خوێنی[a] تێدابێت. ٥بۆ خوێنی ژیانتان، بێگومان
لێپرسینەوە دەکەم، بەهۆی هەر گیاندارێکەوە بێت
لێپرسینەوە دەکەم. هەروەها بە دەستی مرۆڤ لەسەر
گیانی مرۆڤی برای لێپرسینەوە دەکەم.

٦«هەرکەسێك خوێنی مرۆڤ بڕێژێت،
بە دەستی مرۆڤ خوێنی دەڕێژرێتەوە،
چونکە خودا لەسەر وێنەی خۆی
مرۆڤی دروستکردووە.

٧ئێوەش بەردار بن و زۆر بن، زەوی پڕ بکەن و تێیدا
زۆر بن.»
٨خودا بە نوح و بە کوڕەکانی فەرموو کە
لەگەڵیدا بوون: ٩«من پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە و
نەوەی دوای ئێوەدا دەچەسپێنم، ١٠لەگەڵ هەموو
ئەو گیاندارانەی کە لەگەڵ ئێوەن، باڵندە و ئاژەڵە
ماڵییەکان و هەموو ئاژەڵە کێوییەکان، هەموو ئەو
گیاندارانەی لەگەڵتاندان و لە کەشتییەکە هاتوونەتە
دەرەوە، هەروەها هەرچی گیانداری سەر زەویش
هەیە. ١١من پەیمانی خۆم لەگەڵ ئێوە دەچەسپێنم،
هەرگیز جارێکی دیکە، هەموو گیانلەبەران بە ئاوی
لافاو لەناو ناچن، هەرگیز جارێکی دیکە لافاو وا
نابێت زەوی بە تەواوی وێران بکات.»
١٢ئینجا خودا فەرمووی: «ئەمە نیشانەی ئەو
پەیمانەیە لەنێوان خۆم و ئێوە و هەموو ئەو
گیاندارانەی لەگەڵتاندان دەیبەستم، پەیمانێکە
بۆ هەموو نەوەکانی داهاتوو. ١٣وا پەلکەزێڕینەی
خۆمم لەناو هەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە
نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی. ١٤ئینجا
هەرکاتێك هەورم بەسەر زەویدا هێنا و پەلکەزێڕینە
لە هەورەکاندا دەرکەوت، ١٥من پەیوەست دەبم بە
پەیمانەکەم لەنێوان خۆم و ئێوە و هەموو گیانێکی
زیندوو لە هەموو جۆرێك. هەرگیز جارێکی دیکە
ئاو لافاوێکی وا دروستناکات کە هەموو ژیانێك
لەناو ببات. ١٦هەرکاتێك پەلکەزێڕینە لە هەورەکان
بێت، دەیبینم و من پەیوەست دەبم بە پەیمانە
هەتاهەتاییەکە، کە لەنێوان خودا و هەموو گیانێکی
زیندووە لە هەموو جۆرێك کە لەسەر زەوین.»
١٧ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: «ئەمە نیشانەی
ئەو پەیمانەیە کە لەنێوان خۆم و هەموو ژیانێك کە
لەسەر زەویدایە چەسپاندم.»

---

[a] ٤ خوێن: لە زمان و کەلتوری عیبری خوێن هێمای ژیانە، ژیانیش لەلایەن یەزدانەوە پیرۆزکراوە کە بەخشیوەتی. لەبەر ئەو هۆکارە بووە کە جولەکەکان ڕێگەیان نەدابوو بە خواردنی گۆشت کە خوێنی تێدابێت. هەر لەبەر ئەوەش کوشتار و خوێنڕشتن بە کۆتایی پێهێنانی ژیان بینراوە، بۆیە لەلایەن یەزدانەوە لێپرسینەوەی لەسەرە.

## کوڕانی نوح

[١٨]جا کوڕانی نوح کە لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە، سام و حام و یافەت بوون. حام باوکی کەنعان بوو. [١٩]ئەمانە سێ کوڕەکەی نوح بوون، لەمانەوە خەڵکی لە هەموو زەوی بڵاو بوونەوە.

[٢٠]نوح لە بەرهەمی خاك کار دەکات و دەستی بە چاندنی ڕەزە مێوێك کرد. [٢١]ئینجا کە لە شەرابەکەی خواردەوە، سەرخۆش بوو و لەناو چادرەکەیدا بە ڕووتی ڕاکشا. [٢٢]حامی باوکی کەنعان، ڕووتی باوکی بینی و لە دەرەوە بە هەردوو براکەی ڕاگەیاند. [٢٣]بەڵام سام و یافەت پۆشاکێکیان هێنا و خستیانە سەر شانیان، ئینجا پشتاوپشت چوون و ڕووتییەکەی باوکیان داپۆشی، ڕووشیان بەرەو دواوە بوو، ئیتر ڕووتییەکەی باوکیان نەبینی.

[٢٤]کاتێك نوح لە سەرخۆشییەکەی بەئاگا هاتەوە، زانی کوڕە بچووکەکەی چی پێکردووە. [٢٥]ئینجا گوتی:

«نەفرەت لێکراو بێت کەنعان!
دەبێتە کۆیلەی کۆیلەکان،
بۆ براکانی.»

[٢٦]هەروەها گوتی:

«ستایش بۆ یەزدان، پەروەردگاری سام!
با کەنعان ببێتە کۆیلەی سام.
[٢٧]با خودا دەرگا بۆ یافەت بکاتەوە و
لە چادرەکانی سام جێنشین بێت.
با کەنعان ببێتە کۆیلەی ئەو.»

[٢٨]دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ ژیا. [٢٩]هەموو تەمەنی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر مرد.

## خشتەی نەتەوەکان لەدوای لافاوەکە

١٠ ئەمانەش نەوەکانی نوحن، سام و حام و یافەت کە دوای لافاوەکە ئەوانیش کوڕیان بوو.

## یافەتییەکان

[٢]کوڕەکانی یافەت:
گۆمەر، ماگۆگ، مادەی، یاڤان، توبال، مەشەك و تیراس.
[٣]کوڕەکانی گۆمەر:
ئەشکەنەز، ڕیفەت و تۆگەرما.
[٤]کوڕەکانی یاڤان:
ئەلیشا، تەرشیش، کیتیم[a] و ڕۆدانیم. [٥]لەمانەوە نەتەوەکانی کەنار ئاوەکان بۆ خاکەکانیان بڵاو بوونەوە، هەریەکەیان بەپێی زمانی خۆی و هۆز و نەتەوەی خۆی.

## حامییەکان

[٦]کوڕەکانی حام:
کوش، میسر، پووت و کەنعان.
[٧]کوڕەکانی کوش:
سەبا، حەڤیلا، سەڤتا، ڕەعما و سەبتەکا.
کوڕەکانی ڕەعما:
شەبا و دیدان.

[٨]نەمرود لە نەوەی کوش لەدایکبوو، کە بووە جەنگاوەرێکی مەزن لەسەر زەوی. [٩]ئەو لەبەردەم یەزدان بووە ڕاوچییەکی بە توانا. لەبەر ئەمەیە دەگوترێت: «وەك نەمرودی ڕاوچییەکی بە توانا لەبەردەم یەزدان.» [١٠]سەرەتای شانشینەکەی بابل، ئەرەك، ئەکەد و کەلنێ بوو لە خاکی شینعار[b]. [١١]لەو خاکەوە چوو بۆ ئاشور، لەوێ نەینەوا، ڕەحۆبۆت عیر و کەلەحی بنیاد نا، [١٢]هەروەها ڕەسەن کە شارە گەورەکەیە دەکەوێتە نێوان نەینەوا و کەلەح.

[١٣]لوودی، عەنامی، لەهابی و نەفتوحییەکان لە نەوەی میسر بوون، [١٤]هەروەها پاترووسی و کەفتۆری و کەسلوحییەکانیش، لە کەسلوحییەکانیش فەلەستی کەوتنەوە.

[a] ٤ کیتیم واتە کیتییەکان، خەڵکی قوبرس.
[b] ١٠ شینعار ناوێکی عیبرییە بۆ تەواوی خاکی بابل، کە دەکەوێتە ناوەندی ئێراقی ئێستا.

١٥ کەنعان باوکی سەیدا بوو، کە نۆبەرەکەی بوو،
لەگەڵ حیتییەکان، ١٦ هەروەها یەبوسی،
ئەموری، گرگاشی، ١٧ حیڤی، عەرقی[a]، سینی[b]،
١٨ ئەرڤادی، چیماری و حەماتییەکانیشی بوو.

لەدوای ئەوە هۆزەکانی کەنعانییەکان بڵاو
بوونەوە. ١٩ سنووری کەنعانییەکان لە سەیدائەوە بوو
هەتا دەهاتە گرار هەتا غەزە، هەتا دەهاتە سەدۆم،
عەمۆرا، ئەدما و چەبۆئیم، هەتا لەشەع.
٢٠ ئەمانەن نەوەی حام، بەپێی هۆزیان و زمانیان،
لە خاکیان و نەتەوەکانیان.

## سامییەکان

٢١ سامیش کوڕی بوو، یافەت برای گەورەی بوو،
سام باپیرە گەورەی هەموو کوڕانی عێبەر بوو.
٢٢ کوڕەکانی سام:
ئیلام، ئەشوور، ئەرپەکشاد، لوود و ئارام.
٢٣ کوڕەکانی ئارام:
عوچ، حوول، گەتەر و مەشەك.
٢٤ ئەرپەکشاد باوکی شالەح بوو،
شالەحیش باوکی عێبەر بوو.
٢٥ عێبەریش دوو کوڕی بوو،
یەکێکیان ناوی پەلەگ[c] بوو، چونکە لە
سەردەمی ئەودا زەوی دابەش کرا. براکەشی
ناوی یۆقتان بوو.
٢٦ یۆقتان ئەم کوڕانەی هەبوو:
ئەلمۆداد، شەلەف، حەچەرماڤەت[d]، یارەح،
٢٧ هەدۆرام، ئوزال، دیقلە، ٢٨ عۆبال، ئەبیمائێل،
شەبا، ٢٩ ئۆفیر، حەڤیلا و یۆڤاڤ. هەموو ئەمانە
کوڕانی یۆقتان بوون.

[a] ١٧ عەرق: هەمان شاری عەرقە ئەمڕۆش لە لوبنان هەیە.
[b] ١٧ سین: لەوانەیە لە نزیکی شاری عەرق لە لوبنان بووبێت.
بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ١:١٥.
[c] ٢٥ پەلەگ واتە دابەشکردن.
[d] ٢٦ حەچەرماڤەت: ناوی ئاواییەکیشە لە یەمەن، لە ناوچەیەك
کە ئێستا بە حەدرەمەوت ناسراوە.

٣٠ نشینگەکانیان لە مێشاوە هەتا دەگەیشتە
سفاری ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات.
٣١ ئەمانەن نەوەی سام، بەپێی هۆزیان و زمانیان،
لە خاکیان و بەپێی نەتەوەکانیان.

٣٢ ئەمانەن هۆزەکانی نەوەی نوح بەپێی
نەوەکانیان لەنێو نەتەوەکانیان. لە ئەوانیشەوە
نەتەوەکان بەسەر زەویدا بڵاو بوونەوە، لەدوای
لافاوەکە.

## قوللەی بابل

١١ هەموو جیهان یەك زمان و یەك جۆر
قسەکردنیان هەبوو. ٢ ئینجا کاتێك بۆ
ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی
شینعار[e] دۆزییەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون.
٣ ئینجا بە یەکتریان گوت: «وەرن، با خشت
دروستبکەین و تەواو سووری بکەینەوە.» ئیتر لە
جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش لە جیاتی
قوڕ. ٤ هەروەها گوتیان: «وەرن، با شارێك بۆ خۆمان
دروستبکەین لەگەڵ قوللەیەك کە سەری لە ئاسمان
بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین، تاکو
بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین.»
٥ بەڵام یەزدان بۆ بینینی ئەو شار و قوللەیەی کە
ئادەمیزاد دروستی دەکرد هاتە خوارەوە. ٦ یەزدان
فەرمووی: «ئەگەر هەموویان یەك گەل و یەك زمان
بن، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنیانە، هیچ شتێك
لەلایان مەحاڵ نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن.
٧ وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین،
بۆ ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات.»
٨ ئینجا یەزدان لەوێوە بەسەر هەموو زەویدا
پەرتی کردن. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا.
٩ لەبەر ئەمە ناونرا بابل[f]، چونکە لەوێدا یەزدان
زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە یەزدان
بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرتی کردن.

[e] ٢ واتە بابل.
[f] ٩ بابل لە وشەی شێواندن لە زمانی عیبری نزیکە.

## له سامەوە هەتا ئەبرام

[١٠]ئەمانەش نەوەکانی سامن.

دوو ساڵ لەدوای لافاوەکە، کاتێك سام تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئەرپەکشاد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو. [١١]دوای لەدایکبوونی ئەرپەکشاد، سام پێنج سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[١٢]ئەرپەکشاد لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بووە باوکی شالەح. [١٣]دوای لەدایکبوونی شالەح، ئەرپەکشاد چوار سەد و سێ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[١٤]شالەح لە تەمەنی سی ساڵیدا بووە باوکی عێبەر. [١٥]دوای لەدایکبوونی عێبەر، شالەح چوار سەد و سێ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[١٦]عێبەر لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا بووە باوکی پەلەگ. [١٧]لەدوای لەدایکبوونی پەلەگ، عێبەر چوار سەد و سی ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[١٨]پەلەگ لە تەمەنی سی ساڵیدا بووە باوکی ڕەعو. [١٩]دوای لەدایکبوونی ڕەعو، پەلەگ دوو سەد و نۆ ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[٢٠]ڕەعو لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا بووە باوکی سەروگ. [٢١]دوای لەدایکبوونی سەروگ، ڕەعو دوو سەد و حەوت ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[٢٢]سەروگ لە تەمەنی سی ساڵیدا بووە باوکی ناحۆر. [٢٣]دوای لەدایکبوونی ناحۆر، سەروگ دوو سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[٢٤]ناحۆر لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا بووە باوکی تارەح. [٢٥]دوای لەدایکبوونی تارەح، ناحۆر سەد و نۆزدە ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

[٢٦]تارەح لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بووە باوکی ئەبرام و ناحۆر و هاران.

[٢٧]ئەمانەش نەوەکانی تارەحن.

تارەح ئەبرام و ناحۆر و هارانی بوو. هارانیش لۆتی بوو. [٢٨]هاران پێش تارەحی باوکی لە ئووری کلدانییەکان مرد، لەو خاکەی تێیدا لەدایك ببوو. [٢٩]ئەبرام و ناحۆر هەردووکیان ژنیان هێنا. ژنەکەی ئەبرام ناوی سارای بوو، ژنەکەی ناحۆریش ناوی میلکەی کچی هاران بوو، کە هاران باوکی میلکە و یەسکە بوو. [٣٠]سارای نەزۆك بوو، منداڵی نەبوو.

[٣١]تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارای بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە بەڕێکەوتن تاکو بچنە خاکی کەنعان. بەڵام کاتێك هاتنە حەڕان و لەوێ نیشتەجێ بوون.

[٣٢]ئینجا تارەح لە تەمەنی دوو سەد و پێنج ساڵیدا لە حەڕان مرد.

## بانگکردنی ئەبرام لەلایەن خوداوە

١٢ یەزدان بە ئەبرامی فەرموو: «خاك و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم.

[٢]«جا دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن،
بەرەکەتدارت دەکەم،
ناوت مەزن دەکەم،
دەبیتە بەرەکەت.
[٣]ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن
بەرەکەتداریان دەکەم،
نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم.
هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش
لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.»

[٤]ئیتر ئەبرام ڕۆیشت، هەروەك یەزدان پێی فەرموو، لۆتیش لەگەڵی چوو. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە حەڕانی بەجێهێشت. [٥]ئەبرام سارای ژنی و لۆتی برازای و هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە حەڕان بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی، ئیتر ڕۆیشتن و چوونە خاکی کەنعان. گەیشتنە خاکی کەنعان.

[٦]ئەبرام بە خاکەکەدا تێپەڕی هەتا گەیشتە دار بەڕووەکەی مۆرە لە شەخەم. لەو کاتە کەنعانییەکان لە خاکەکە بوون. [٧]یەزدان بۆ ئەبرام دەرکەوت و

فەرمووی: «ئەم خاکە دەدەمە نەوەی تۆ.» ئەویش
لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد کە بۆی
دەرکەوتبوو.
[٨]لەوێشەوە گواستییەوە بۆ چیاکەی ڕۆژهەڵاتی
بێتئێل و چادرەکەی خۆی هەڵدا. بێتئێل
کەوتبووە ڕۆژئاوایەوە، عای لە ڕۆژهەڵاتییەوە بوو.
لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد و بە ناوی
یەزدانەوە نزای کرد. [٩]پاشان ئەبرام ڕووەو نەقەب[a]
بەردەوام بوو لە کۆچکردن.

## ئەبرام لە میسر

[١٠]لەو کاتەدا قاتوقڕی لە خاکەکەدا هەبوو،
جا ئەبرام چوو بۆ میسر، تاکو لەوێ بۆ ماوەیەك
ئاوارە بێت، چونکە قاتوقڕییەکە زۆر گەورە بوو.
[١١]کاتێکیش نزیك بوو بچێتە ناو میسر، بە سارای ژنی
گوت: «بەڕاستی من دەزانم کە تۆ ژنێکی ڕوخسار
جوانیت. [١٢]کاتێك میسرییەکان دەتبینن، دەڵێن:
”ئەمە ژنەکەیەتی.“ ئەو کاتە من دەکوژن بەڵام تۆ
دەهێڵنەوە. [١٣]بڵێ کە تۆ خوشکی منیت، بۆ ئەوەی
بەهۆی تۆوە بە چاکی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن، لەبەر
تۆش گیانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە.»
[١٤]کاتێك ئەبرام هاتە میسر، میسرییەکان بینییان
کە سارای زۆر جوانە. [١٥]کە کاربەدەستانی فیرعەون
بینییان، لەلای فیرعەون ستایشیان کرد، ئیتر
ژنەکەیان بردە ماڵی فیرعەون. [١٦]ئەویش بەهۆی
ژنەکە بە باشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەبرام کرد. ئیتر بووە
خاوەنی مەڕ و مانگا و نێرەکەر و ماکەر و خزمەتکار
و کەنیزە و وشتر.
[١٧]بەڵام یەزدان بەهۆی سارای ژنی ئەبرامەوە
فیرعەون و ماڵەکەی تووشی دەردی گران کرد. [١٨]ئیتر
فیرعەون بەدوای ئەبرامدا ناردی و گوتی: «ئەمە
چییە تۆ بە منت کرد؟ بۆچی پێت ڕانەگەیاندم کە
ئەو ژنی تۆیە؟ [١٩]بۆچی گوتت ”ئەو خوشکمە،“ هەتا
بردم بۆ ئەوەی ببێتە ژنم؟ ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت.

[a] ٩ عیبری: نەگەڤ. لەو ڕۆژانەدا خاکێکی نیمچە وشك بووە لە باشووری کەنعان.

ببە و بڕۆ!» [٢٠]ئینجا فیرعەون هەندێك پیاوی ڕاسپارد
بۆ بەڕێکردنی ئەبرام و ژنەکەی و هەرچییەکی
هەیانبوو.

## جیابوونەوەی ئەبرام و لۆت

١٣ ئیتر ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی
هەبوو، لەگەڵ لۆت لە میسرەوە چووە
نەقەب. [٢]ئەبرام لە مەڕوماڵات و لە زیو و زێڕ زۆر
دەوڵەمەند بوو.
[٣]قۆناغ بە قۆناغ کۆچی کرد، لە نەقەبەوە هەتا
بێتئێل، هەتا ئەو شوێنەی یەکەم جار چادرەکەی
ئەوی لێبوو، لەنێوان بێتئێل و عای. [٤]بۆ شوێنی
قوربانگاکەی کە یەکەم جار دروستی کرد، لەوێدا
ئەبرام بە ناوی یەزدانەوە نزای کرد.
[٥]هەروەها لۆتیش کە لەگەڵ ئەبرام دەڕۆیشت،
مەڕ و مانگا و چادری هەبوو. [٦]بەڵام خاکەکە
هەردووکیانی هەڵنەگرت بۆ ئەوەی پێکەوە
نیشتەجێ بن، لەبەر ئەوەی دەستکەوتیان ئەوەندە
زۆر بوو کە ئیتر نەیانتوانی پێکەوە نیشتەجێ بن.
[٧]ناکۆکی لەنێوان شوانەکانی مەڕوماڵاتی ئەبرام و
شوانەکانی مەڕوماڵاتی لۆت ڕوویدا. لەو کاتەش
کەنعانییەکان و پریزییەکان نیشتەجێی خاکەکە
بوون.
[٨]ئینجا ئەبرام بە لۆتی گوت: «با هیچ ناکۆکییەك
لەنێوان من و تۆ و لەنێوان شوانەکانم و شوانەکانی
تۆ نەبێت، چونکە ئێمە مام و برازاین[b]. [٩]ئەوە نییە
هەموو خاکەکە لەبەردەمتە؟ کەواتە لە من جیا
ببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیت، من بەلای ڕاستدا
دەڕۆم و ئەگەر بەلای ڕاستدا بڕۆیت، من بەلای
چەپدا دەڕۆم.»
[١٠]لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری
ڕووباری ئوردون ئاوداره. وەك بەهەشتی یەزدانە،
وەك خاکی میسر کە بەرەو زۆعەر دەڕۆیت. ئەمە
پێش ئەوەی یەزدان سەدۆم و عەمۆرا وێران بکات.
[١١]لۆت هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردونی

[b] ٨ برازاین: عیبری: برا یان خزم. بڕوانە ١١:٣١.

بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جیا بوونەوە. ١٢ئەبرام لە خاکی کەنعان نیشتەجێ بوو، لۆتیش لە شارۆچکەکانی دەوروبەر نیشتەجێ بوو، ڕووەو سەدۆم چادرەکانی هەڵدا. ١٣خەڵکی سەدۆم لە ڕادەبەدەر بەدکار و گوناهبار بوون، لە دژی یەزدان.

١٤دوای جیابوونەوەی لۆت لە ئەبرام، یەزدان بە ئەبرامی فەرموو: «چاوت هەڵبڕە و لەو شوێنەی کە لێیت، سەیری باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە، ١٥چونکە هەموو ئەو خاکەی دەیبینیت بۆ هەتاهەتایە دەیدەمە تۆ و نەوەی تۆ، ١٦نەوەشت وەك خۆڵی زەوی لێ دەکەم، تاکو ئەگەر یەکێك توانی خۆڵی زەوی بژمێرێت، ئەوا نەوەی تۆش دەژمێردرێت. ١٧بڕۆ، بە درێژایی و پانی خاکەکەدا هاتوچۆ بکە، چونکە دەیدەمە تۆ.»

١٨ئیتر ئەبرام چادرەکانی گواستەوە و هات لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێ لە حەبرۆن[a] نیشتەجێ بوو، لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد.

## دەربازکردنی لۆت لەلایەن ئەبرامەوە

١٤ وا ڕوویدا کە لە سەردەمی ئەمرافەلی پاشای شینعار و ئەریۆکی پاشای ئەلاسار و کدارلاعۆمەری پاشای ئیلام و تیدعالی پاشای گۆئیم، ٢ئەمانە جەنگیان بەرپا کرد لە دژی بەرەعی پاشای سەدۆم و بیرشەعی پاشای عەمۆرا و شینئابی پاشای ئەدما و شەمێڤەری پاشای چەبۆئیم، لەگەڵ پاشای بەلەع کە شاری زۆعەرە. ٣هەموو ئەمانە لە دۆڵی سیدیم هێزەکانیان یەکخست، کە ئێستا پێی دەگوترێت دەریای مردوو[b]. ٤بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ژێردەستەی کدارلاعۆمەر بوون، بەڵام لە ساڵی سێزدەمین لێی یاخی بوون.

٥لە ساڵی چواردەمین، کدارلاعۆمەر خۆی و ئەو پاشایانەی کە لەگەڵی بوون هات، ڕفائییەکانیان بەزاند لە عەشترۆت قەرنەیم، هەروەها زوزییەکان لە هام و ئێمییەکانیش لە شاڤێ قیریاتەیم، ٦هەروەها حۆرییەکان[c] لە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر، هەتا ئێیل پاران لە نزیك بیابان. ٧ئینجا گەڕانەوە و چوونە کانی میشپات کە قادێشە و بەسەر هەموو هەرێمی عەمالێقییەکاندا زاڵ بوون، هەروەها ئەمورییەکانیش کە نیشتەجێی حەچەچۆن تامار بوون.

٨ئینجا پاشای سەدۆم و پاشای عەمۆرا و پاشای ئەدما و پاشای چەبۆئیم و پاشای بەلەع کە شاری زۆعەرە، هاتنە دەرەوە و لە دۆڵی سیدیم بۆ جەنگ ڕیزیان بەست، ٩لە دژی کدارلاعۆمەری پاشای ئیلام و تیدعالی پاشای گۆئیم و ئەمرافەلی پاشای شینعار و ئەریۆکی پاشای ئەلاسار. چوار پاشا بەرامبەر بە پێنج. ١٠دۆڵی سیدیمیش پڕ بوو لە چاڵە قیر. کاتێك هەردوو پاشای سەدۆم و عەمۆرا هەڵاتن و لەوێ کەوتن، ئەوانی دیکەش بۆ چیاکان هەڵاتن. ١١ئیتر چوار پاشاکە هەموو شتومەکەکانی سەدۆم و عەمۆرا و هەموو خۆراکەکانیان بردن و ڕۆیشتن. ١٢هەروەها لۆتی برازای ئەبرامیان لەگەڵ هەموو شتومەکەکەیان برد کە لە سەدۆم نیشتەجێ بوو.

١٣یەکێك لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی[d] ڕاگەیاند. ئەو کاتە لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێی ئەموری، براکەی ئەشکۆل و عانێر، نیشتەجێ بوو. ئەمانیش لەگەڵ ئەبرام هاوپەیمان بوون. ١٤کاتێك ئەبرام بیستی کە برازاکەی ڕاپێچ کراوە، بانگەوازی بۆ خزمەتکارە مەشقپێکراوەکانی دەرکرد کە لەدایکبووی ماڵەکەی بوون و سێ سەد و هەژدە کەس بوون، ئیتر هەتا شاری دان بەدوایان کەوت. ١٥کە شەویش داهات خۆی و پیاوەکانی دابەش بوون، جا هێرشی بردە سەریان و تەفروتونایان کردن و تاکو حۆڤا دەریپەڕاندن، کە لە باکووری دیمەشقە. ١٦جا هەموو شتومەکەکان و هەروەها لۆتی برازای و شتومەکەکانی و ژنەکان و خەڵکەکەی هێنایەوە.

[a] ١٨ بە دووری ٣٢ کم لە باشووری ئۆرشەلیمە، ئێستا بە ناوی (الخلیل) ناسراوە، بە ناوی ئیبراهیمی دۆستی خودا ناسراوە.

[b] ٣ دەریای مردوو: عیبری: دەریای خوێ.

[c] ٦ حۆرییەکان. گەلێکی ڕەسەنی نیشتەجێی سێعیر بوون کە دواتر لەلایەن عیسۆوە لەناودەبردرێن.

[d] ١٣ لە نەوەی عێبەر، یەکەم جارە پێی دەگوترێ عیبرانی.

١٧ دوای گەڕانەوەی ئەبرام لە بەزاندنی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی دیکەی هاوپەیمانی، پاشای سەدۆم لە دۆڵی شاڤێ کە دۆڵی پاشایە بۆ پێشوازیکردنی هاتە دەرەوە.
١٨ مەلکیسادقی پاشای شالیمیش[a] نان و شەرابی دەرهێنا. ئەو کاهینی خودای هەرەبەرز بوو. ١٩ داوای بەرەکەتی بۆ کرد و گوتی:

«با خودای هەرەبەرز، دروستکەری ئاسمان و زەوی،
ئەبرام بەرەکەتدار بکات.
٢٠ ستایش بۆ خودای هەرەبەرز
کە دوژمنەکانتی دایە دەستت.»

ئەبرامیش دەیەکی هەموو شتێکی پێدا.
٢١ ئینجا پاشای سەدۆم بە ئەبرامی گوت: «خەڵکەکە بدە من و شتومەکەکانیش بۆ خۆت ببە.»
٢٢ بەڵام ئەبرام بە پاشای سەدۆمی گوت: «سوێندم خواردووە بۆ یەزدانی پەروەردگاری هەرەبەرز، دروستکەری ئاسمان و زەوی، ٢٣ کە ئەگەر تاڵە دەزوویەك یان ئاوزەنگییەکی[b] پێڵاوەکانت یان هەر شتێك لە شتەکانی تۆ ببەم، بۆ ئەوەی هەرگیز نەڵێیت: "من ئەبرامم دەوڵەمەند کرد." ٢٤ تەنها ئەوە نەبێت کە هەرزەکارەکان خواردوویانە، بەشەکەی ئەو پیاوانەش کە لەگەڵم هاتن، عانێر و ئەشکۆل و مەمرێ، ئەوان بەشی خۆیان وەردەگرن.»

## پەیمانی خودا لەگەڵ ئەبرام

١٥ لەدوای ئەم ڕووداوانە، لە بینینێکدا[c] فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەبرام هات، فەرمووی:

«مەترسە ئەی ئەبرام،
من قەڵغانم بۆت،
پاداشتت زۆر گەورەیە.»

٢ بەڵام ئەبرام گوتی: «ئەی یەزدانی باڵادەست، چیم دەدەیتێ کە من هەروا وەجاخکوێر بم و میراتگری ماڵم ئەلیعەزەری دیمەشقییە؟» ٣ هەروەها ئەبرام گوتی: «هیچ وەجاخێکت نەداومەتێ، ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایك بووە وا دەبێتە میراتگرم.»[d]
٤ لەو کاتەدا فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، فەرمووی: «ئەمە نابێتە میراتگرت، بەڵکو ئەوەی لە پشتی تۆوە دێت ئەو دەبێتە میراتگرت.» ٥ ئینجا بردییە دەرەوە و فەرمووی: «سەیری ئاسمان بکە و ئەستێرەکان بژمێرە، ئەگەر دەتوانیت بیانژمێریت.» هەروەها پێی فەرموو: «نەوەکەت ئاوا دەبێت.»
٦ جا ئەبرام باوەڕی بە یەزدان هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا.
٧ هەروەها یەزدان پێی فەرموو: «من یەزدانم، ئەوەی لە ئووری کلدانییەکانەوە تۆی هێنایە دەرەوە، هەتا ئەم زەوییەت بە میرات پێ ببەخشێت.»
٨ بەڵام ئەبرام گوتی: «ئەی یەزدانی باڵادەست، چۆن بزانم کە من دەبمە میراتگری؟»
٩ یەزدانیش پێی فەرموو: «گوێرەکەیەکی مێینەی سێ ساڵە[e] و بزنێکی سێ ساڵە و بەرانێکی سێ ساڵە و قومرییەك و کۆترێکم بۆ بهێنە.»
١٠ ئەمانەی هەموو بۆ هێنا و لە ناوەڕاستەوە لەتی کردن، لەتی هەریەکەشیانی بەرامبەر ئەوی دیکە دانا، بەڵام باڵندەکانی لەت نەکرد. ١١ ئینجا سیسارکە کەچەڵەکان بۆ سەر کەلاکەکان هاتنە خوارەوە، بەڵام ئەبرام دووری خستنەوە.
١٢ کە خۆریش بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەبرام کەوتە خەوێکی قووڵەوە، لەناکاو تاریکییەکی ترسناك و سەختی بەسەرهات. ١٣ ئینجا یەزدان بە ئەبرامی فەرموو: «بە دڵنیاییەوە بزانە کە نەوەکانت

[a] ١٨ شالیم واتە (ئۆرشەلیم).
[b] ٢٣ ئاوەزێنە
[c] ١ بینین: خودا لە ڕێی پیشاندانی دیمەنێکەوە پەیامێك دەگەیەنێتە ئەو مرۆڤەی بییەوێت.
[d] ٣ دەبێتە میراتگرم: بەپێی یاسایەك لەو سەردەمە هاوڕێیەك یان کۆیلەیەك کە خزمەتی پیاوێکی وەجاخکوێری دەکرد ئەوا دەیتوانی ببێتە میراتگری.
[e] ٩ مەبەست لە (گوێرەکەیەکی مێینەی سێ ساڵە)، پێش تەمەنی بە کەڵ هاتن.

له خاکێك نامۆ دەبن کە هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێننەوە. ١٤ بەڵام سزای ئەو نەتەوەیەش دەدەم، کە ئەوان وەك کۆیلە خزمەتیان دەکەن. لەدوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە. ١٥ بەڵام تۆ بە سەلامەتی دەچیتە لای باوباپیرانت و لە تەمەنێکی باشی پیریدا دەنێژرێیت. ١٦ لە نەوەی چوارەمیشدا، نەوەکانت دەگەڕێنەوە ئێرە، چونکە هێشتا تاوانی ئەمورییەکان نەگەیشتووەتە ئەندازەی تەواوی خۆی.»

١٧ ئینجا کاتێك خۆر ئاوابوو و تاریکی داهات، لەناکاو تەنوورێکی پڕ دووکەڵ و مەشخەڵێکی داگیرساو دەرکەوت و لەنێوان پارچەکاندا تێپەڕی. ١٨ لەو ڕۆژەدا یەزدان پەیمانێکی لەگەڵ ئەبرامدا بەست و پێی فەرموو: «ئەم خاکە دەدەمە نەوەکانی تۆ، لە ڕووباری میسرەوە هەتا ڕووبارە گەورەکە، ڕووباری فورات، ١٩ خاکی قێنی و قەنیزی، قەدمۆنی، ٢٠ حیتی، پریزی، ڕفائی، ٢١ ئەموری، کەنعانی، گرگاشی و یەبوسییەکان.»

## هاجەر و ئیسماعیل

١٦ سارای ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی هاجەر بوو. ٢ سارای بە ئەبرامی گوت: «یەزدان ڕێی منداڵبوونی لێ گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەم بنوو، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.»

ئەبرامیش بە قسەی سارای کرد. ٣ ئینجا سارای ژنی ئەبرام هاجەری کەنیزە میسرییەکەی هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعان، دایە ئەبرامی مێردی هەتا ببێتە ژنی. ٤ ئیتر لەگەڵ هاجەر نوست، ئەویش سکی پڕ بوو.

کاتێك کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووك بوو. ٥ ئینجا سارای بە ئەبرامی گوت: «ئەو سووکایەتییەی بە من دەکرێ تۆ لێی بەرپرسی. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆ، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووك بووم. با یەزدان دادوەری نێوان من و تۆ بکات.»

٦ ئەبرامیش بە سارای گوت: «وا کەنیزەکەت لەبەردەستی خۆتدایە، چیت پێ باشە وای لێ بکە.» ئیتر سارای هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی هەڵات.

٧ ئینجا فریشتەی یەزدان هاجەری لەسەر کانییەك دۆزییەوە لە چۆڵەوانی. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای شوورە. ٨ فەرمووی: «ئەی هاجەری کەنیزەی سارای، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟»

ئەویش گوتی: «لەدەست سارای خانمی خۆم ڕامکردووە.»

٩ فریشتەکەی یەزدان پێی فەرموو: «بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە.» ١٠ هەروەها فریشتەکەی یەزدان پێی فەرموو: «وەچەکانت بێ ئەندازە زۆر دەکەم کە لەبەر زۆرییان لە ژماردن نایەن.»

١١ دیسان فریشتەکەی یەزدان پێی فەرموو:

«ئێستا سکت پڕە،
کوڕێکت دەبێت،
ناوی دەنێیت ئیسماعیل،
چونکە یەزدان گوێی لە زەلیلی تۆ بوو.
١٢ ئەو دەبێتە مرۆڤێك وەك کەرەکێوی[a] لێ دێت.
دەستی لە دژی هەموو کەسێك دەبێت و
دەستی هەموو کەسێکیش لە دژی ئەو.
بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.»

١٣ ئینجا ئەم ناوەی لە یەزدان نا کە لەگەڵیدا دوا، «تۆ ئەو خودایەی کە دەبینیت،» چونکە هاجەر گوتی: «ئا لێرەشدا ئەوم بینی کە دەمبینێت.» ١٤ لەبەر ئەمەشە کە ئەو بیرە[b] بە «بیری لەحەی ڕۆئی» ناونراوە، ئێستاش وا لەنێوان قادێش[c] و بەرەدە.

١٥ ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش

---

[a] ١٢ مەبەستی لە سووکایەتی نییە، بەڵکو باسی ئاکاری کەرەکێوی دەکات لە بەهێزی و سەربەستی و سەربەخۆیی ژیانی.

[b] ١٤ لەبەر ئەوەی ئاوی کانییەکە نەما پێویست بوو کە بیرێك لێ بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاوەکە.

[c] ١٤ قادێش: بڕوانە پەیدابوون ١٤:٧.

ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناوی لێنا
ئیسماعیل. [١٦]ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو
کاتێك هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو.

## پەیمانی خەتەنەکردن

١٧ کاتێك ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو،
یەزدان بۆ ئەبرام دەرکەوت و پێی فەرموو:
«من خودای هەرە بە توانام. دۆستایەتی من بکە
و بێ کەموکوڕی بە. [٢]پەیمانی خۆم لەنێوان خۆم و
تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم.»
[٣]ئەبرام خۆی بە زەویدا دا، خوداش پێی فەرموو:
[٤]«لەلایەنی منەوە، ئەمەش پەیمانەکەمە لەگەڵ تۆ،
تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە. [٥]ئیتر لەمەودواش
ناوت بە ئەبرام ناهێنرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە
ئیبراهیم، چونکە من تۆم کرد بە باوکی چەندین
نەتەوە. [٦]زۆر زۆریش بەردارت دەکەم، پێم داویت
ببیتە چەندین نەتەوە و چەندین پاشات لێ
بکەویتەوە. [٧]پەیمانی خۆم دەچەسپێنم لەنێوان خۆم
و تۆ و نەوەی دوای خۆت لە نەوەکانیان، پەیمانێکی
هەتاهەتایی، کە ببمە خودای تۆ و نەوەی دوای
خۆت. [٨]ئەو خاکەی کۆچی تێدا دەکەیت، دەیدەمە
تۆ و نەوەکەت لەدوای خۆت، هەموو خاکی کەنعان،
موڵکێکی هەتاهەتایی، منیش دەبمە خودایان.»
[٩]ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: «تۆش
پەیمانەکەم بەجێدەهێنیت، خۆت و نەوەی دوای
خۆت، لە نەوەکانیان. [١٠]ئەمەش پەیمانەکەمە
کە بەجێی دەهێنن لەنێوان من و ئێوە و نەوەی
دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن.
[١١]خۆتان خەتەنە دەکەن، ئەمەش دەبێتە نیشانەی
پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. [١٢]هەموو نێرینەیەکی
هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت، لە
نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایك بووە، یان
ئەوەی بە زیو لە بیانی کڕاوە و نەوەی خۆت نییە.
[١٣]دەبێت ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایك بووە یان بە
زیو کڕاوە بە تەواوی خەتەنە بکرێت، جا پەیمانەکەم
لە ئێوەدا پەیمانێکی هەتاهەتایی دەبێت. [١٤]هەر
نێرینەیەکی خەتەنە نەکراویش، کە خەتەنە
نەکرابێت، ئەوە لە نەتەوەکەی دادەبڕێت، چونکە
پەیمانی منی شکاندووە.»
[١٥]هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: «سارای
ژنیشت، ئیتر بە سارای ناوی مەهێنە، بەڵکو ناوی
دەبێتە سارا. [١٦]بەرەکەتداری دەکەم و لەوەوە
کوڕێکت پێ دەبەخشم. بەرەکەتداری دەکەم
و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان
لەوەوە دەبن.»
[١٧]ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی،
لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئایا پیاوێکی سەد ساڵە
منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا
منداڵی دەبێت؟» [١٨]ئیبراهیم بە خودای گوت:
«خۆزگە ئیسماعیل لەبەردەم بەرەکەتی تۆدا ژیان
بەسەرببات.»
[١٩]خوداش فەرمووی: «بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت
کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت ئیسحاق. پەیمانی
خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی هەتاهەتایی
بۆ نەوەکەی دوای خۆی. [٢٠]بۆ ئیسماعیلیش، گوێم
لێت بوو، بێگومان بەرەکەتداری دەکەم، بەرداری
دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە
سەرۆك، دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. [٢١]بەڵام
پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە
ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.»
[٢٢]کاتێك خودا لە قسەکانی بووەوە لەگەڵ ئیبراهیم،
لەلای ڕۆیشت و بەرزبووەوە.
[٢٣]لە هەمان ڕۆژدا ئیبراهیم، ئیسماعیلی کوڕی و
هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەیدا لەدایك ببوون یان بە
زیوی خۆی کڕابوون، هەموو نێرینەکانی ماڵەکەی
خۆی هێنا و خەتەنەی کردن، وەك چۆن خودا پێی
فەرموو بوو. [٢٤]ئیبراهیم تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو
کاتێك خەتەنە کرا، [٢٥]ئیسماعیلی کوڕیشی تەمەنی
سێزدە ساڵان بوو کاتێك خەتەنە کرا. [٢٦]لە هەمان
ڕۆژدا ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی خەتەنە کران.
[٢٧]هەموو پیاوەکانی ماڵەکەی، ئەوانەی لە ماڵەکەی

لەدایك ببوون و ئەوانەی لە بیانی بە زیو کڕدرابوون لەگەڵ ئەودا خەتەنە کران.

## سێ میوان

١٨ ئینجا یەزدان لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لە گەرمای ڕۆژدا لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو. [٢]سەری هەڵبڕی و بینی وا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. کاتێك ئەوانی بینی، لە دەرگای چادرەکەیەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر زەوی.

[٣]ئینجا گوتی: «گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، بەسەر خزمەتکارەکەتدا تێمەپەڕە. [٤]با تۆزێك ئاو بهێنرێت و پێتان بشۆن، لەژێر دارەکە پاڵ بدەنەوە. [٥]پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم هەتا بەری دڵتانی پێ بگرن و پاشان تێبپەڕن، چونکە ئێوە بۆ لای خزمەتکارەکەتان هاتوون.»

ئەوانیش فەرموویان: «ئەوەی گوتت بیکە.»

[٦]ئیتر ئیبراهیم بە پەلە بەرەو چادرەکە چوو بۆ لای سارا و گوتی: «خێرا سێ پێوانە[a] لە باشترین ئارد بهێنە و بیشێلە و بیکە بە نان.»

[٧]هەروەها ئیبراهیم بۆ لای مێگەلەکە ڕایکرد و گوێرەکەیەکی ناسك و چاکی هێنا و دایە دەست کوڕێکەوە، ئەویش خێرا کەوتە ئامادەکردنی. [٨]ئینجا دەڵەمە[b] و شیر و ئەو گوێرەکەیەی ئامادەکرابوو، هێنای و لەبەردەمیان دانا. خۆشی لەژێر دارەکە لەسەریان ڕاوەستا، کاتێك ئەوان نانەکەیان دەخوارد.

[٩]پاشان پێیان فەرموو: «کوا سارای ژنت؟»

ئەویش گوتی: «ئەوەتا، لەناو چادرەکەیە.»

[١٠]ئینجا یەزدان فەرمووی: «بێگومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە.»

ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کە لە پشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. [١١]ئیبراهیم و سارا دوو پیری بەساڵدا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەرچووبوو. [١٢]سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و گوتی: «ئایا لەدوای ئەوەی لە کەڵك کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟»

[١٣]ئینجا یەزدان بە ئیبراهیمی فەرموو: «بۆچی سارا پێکەنی و گوتی: "وا من پیر بووم، ئایا بەڕاستی منداڵم دەبێت"؟ [١٤]هیچ شتێك هەیە بۆ یەزدان ئەستەم بێت؟ ساڵی داهاتوو لە کاتی دیاریکراو دێمەوە لات و ساراش کوڕێکی بووە.»

[١٥]سارا درۆی کرد و گوتی: «پێنەکەنیم،» چونکە ترسا. بەڵام ئەو فەرمووی: «بەڵێ، پێکەنیت.»

## پاڕانەوەی ئیبراهیم بۆ سەدۆم

[١٦]ئینجا پیاوەکان لەوێ هەستان و ڕوویان لە سەدۆم کرد، ئیبراهیمیش لەگەڵیان ڕۆیشت، تاکو بەڕێیان بکات. [١٧]یەزدانیش فەرمووی: «ئایا ئەوەی کە بەتەمام ئەنجامی بدەم لە ئیبراهیمی بشارمەوە؟ [١٨]لە کاتێکدا ئیبراهیم بێگومان دەبێتە نەتەوەیەکی مەزن و بەهێز، هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش لە ڕێگەی ئەوەوە بەرەکەتدار دەبن. [١٩]لەبەر ئەوەی هەڵمبژاردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانی و ماڵەکەی لەدوای خۆی ڕابسپێرێت ڕێچکەی یەزدان بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ڕاستودروستی و دادپەروەری بکەن، تاکو یەزدان ئەو بەڵێنە بهێنێتە دی کە بە ئیبراهیمی دابوو.»

[٢٠]ئینجا یەزدان فەرمووی: «هاواری لە دژی سەدۆم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. [٢١]ئەوا دێمە خوارەوە بۆ ئەوەی ببینم ئاخۆ وەك هاوارەکەی کە هاتووەتە لای من، بە تەواوی بەم جۆرەیان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم.»

[٢٢]ئینجا پیاوەکان ڕوویان کردە سەدۆم و ڕۆیشتن، بەڵام ئیبراهیم هێشتا لەبەردەم یەزدان وەستابوو. [٢٣]ئیبراهیم چووە پێشەوە و گوتی: «ئایا لەگەڵ خراپەکاردا ڕاستودروستیش لەناودەبەیت؟ [٢٤]ئەی ئەگەر شارەکە پەنجا کەسی ڕاستودروستی تێدابێت، ئایا هەر لەناوی دەبەیت و نایبەخشیت، لە پێناوی

[a] ٦ سێ پێوانە: عیبری: سێ سەئا، نزیکەی ١٦ کگم.
[b] ٨ یان دەرەمە، قۆناغی پێش دروستبوونی پەنیر.

ئەو پەنجا ڕاستودروستەی تێیدایە؟ ٢٥حاشا، شتی وا لە تۆ ناوەشێتەوە! ڕاستودروستیش لەگەڵ خراپەکاردا بکوژیت. جا ڕاستودروست و خراپەکار وەك یەکیان لێبێت. دوور بێت لە تۆ! ئایا دادوەری هەموو زەوی دادپەروەری ناکات؟»

٢٦یەزدانیش فەرمووی: «ئەگەر لە سەدۆم پەنجا کەسی ڕاستودروست لە شارەکەدا ببینمەوە، ئەوا لە پێناوی ئەوان هەموو شارەکە دەبەخشم.»

٢٧ئیبراهیم وەڵامی دایەوە: «ئێستا من وێرام لەگەڵ پەروەردگار قسە بکەم، منێك کە خۆڵ و خۆڵەمێشم. ٢٨ئەی ئەگەر لەو پەنجا کەسە ڕاستودروستە پێنجی کەم بوو؟ ئایا بۆ پێنج کەس هەموو شارەکە وێران دەکەیت؟»

فەرمووی: «وێرانی ناکەم، ئەگەر چل و پێنج لەوێ ببینمەوە.»

٢٩دیسان کەوتەوە قسە لەگەڵی و گوتی: «ئەی ئەگەر لەوێ چلی لێبوو؟» فەرمووی: «لەبەر خاتری ئەو چلە، نایکەم.»

٣٠ئینجا گوتی: «با پەروەردگار تووڕە نەبێت و قسە بکەم، ئەی ئەگەر هەر سی لێبوو؟»

فەرمووی: «نایکەم، ئەگەر لەوێ سی ببینمەوە.»

٣١ئیبراهیم گوتی: «ئیتر وا وێرام قسە لەگەڵ پەروەردگار بکەم، ئەی ئەگەر بیستی لێبوو؟»

فەرمووی: «لەبەر ئەو بیستە وێرانی ناکەم.»

٣٢ئینجا گوتی: «با پەروەردگار تووڕە نەبێت و هەر ئەم جارە قسە بکەم. ئەی ئەگەر دەی لێبوو؟»

فەرمووی: «لەبەر ئەو دەیە وێرانی ناکەم.»

٣٣ئینجا دوای ئەوەی یەزدان لەگەڵ ئیبراهیم لە قسەکردن بووەوە، ڕۆیشت، ئیبراهیمیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

## وێرانکردنی سەدۆم و عەمۆرا

١٩ هەردوو فریشتەکە کاتی ئێوارە گەیشتنە سەدۆم، لۆتیش لە دەروازەکەی سەدۆم دانیشتبوو. کاتێك لۆت ئەوانی بینی، هەستا بۆ پێشوازییان و کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر زەوی. ٢ئینجا گوتی: «گەورەکانم، تکایە لابدەنە ماڵی خزمەتکاری خۆتان. شەو بەسەربەرن و پێتان بشۆن، سەر لە بەیانیش بە ڕێی خۆتاندا بڕۆن.»

فەرموویان: «نا، بەڵکو لە گۆڕەپانەکە شەو دەبەینەسەر.»

٣بەڵام ئەم زۆری لێکردن. ئیتر لایاندایە لای و چوونە ماڵەکەی. ئەویش خوان و نانی فەتیرەی بۆ ئامادە کردن و خواردیان. ٤پێش ئەوەی ڕابکشێن، هەموو پیاوانی شاری سەدۆم لە هەموو لایەکەوە، لە گەنجیانەوە هەتا پیرییان، دەورەی ماڵەکەیان دا. ٥ئینجا لۆتیان بانگکرد و لێیان پرسی: «کوا ئەو دوو پیاوەی ئەمشەو هاتنە لات؟ بیانهێنە دەرەوە بۆمان هەتا لاقەیان بکەین.»

٦لۆت هاتە دەرەوە بۆ لایان و دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە داخست. ٧گوتی: «نا، براکانم. خراپەی وا مەکەن. ٨من دوو کچم هەیە کە دەستی پیاویان بەرنەکەوتووە. بۆتان دەهێنمە دەرەوە، ئەوەی پێتان باشە پێیانی بکەن. بەڵام هیچ لەم دوو پیاوە مەکەن، چونکە ئەوان هاتوونەتە ماڵی من.»

٩ئەوانیش گوتیان: «وەرە ئەم لاوە!» ئینجا گوتیان: «ئەمە هاتووە بۆ ئەوەی پەناهەندە بێت لەنێوانمان و دەیەوێت ببێتە دادوەر لەسەرمان. ئێستاش لەوان خراپترت بەسەردەهێنین.» ئیتر زۆریان لە لۆت کرد و هاتنە پێشەوە هەتا دەرگاکە بشکێنن.

١٠بەڵام دوو پیاوەکە دەستیان درێژکرد و لۆتیان ڕاکێشایە لای خۆیان بۆ ناو ماڵەکە و دەرگاکەشیان داخست. ١١ئەو پیاوانەش کە لە بەردەرگای ماڵەکەدا بوون، کوێرییان کردن، لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان، ئیتر پەکی ئەوەیان کەوت کە دەرگاکە بدۆزنەوە.

١٢ئینجا دوو پیاوەکە بە لۆتیان فەرموو: «کێی دیکەت لێرە هەیە، زاواکانت و کوڕەکانت و کچەکانت و هەرکەسانێکی دیکەش کە لە شارەکەدا هەتن؟ هەموویان لێرە ببە دەرەوە، ١٣چونکە ئێمە ئەم شوێنە وێران دەکەین. لەبەر ئەوەی لەبەردەم

یەزدان هاواریان لە دژی خەڵکەکەی مەزن بووە، یەزدانیش ئێمەی ناردووە هەتا وێرانی بکەین.»

[١٤]ئیتر لۆت چووە دەرەوە و قسەی لەگەڵ زاواکانی کرد کە کچەکانی ئەمیان خواستبوو. گوتی: «هەستن و لەم شوێنە بڕۆنە دەرەوە، چونکە هێندەی نەماوە یەزدان شارەکە وێران بکات.» بەڵام وەک گاڵتەچی هاتە بەرچاوی زاواکانی.

[١٥]لە بەرەبەیان، هەردوو فریشتەکە پەلەیان لە لۆت کرد و پێیان فەرموو: «خێراکە! ژنەکەت و هەردوو کچەکەت کە لێرەن بیانبە، نەوەک تۆش بە گوناهی شارەکە لەناوبچیت.»

[١٦]بەڵام ئەو خەم ساردی لێکرد، جا هەردوو پیاوەکە لەبەر بەزەیی یەزدان لەسەریان، دەستی خۆی و ژنەکەی و هەردوو کچەکەی ئەویان گرت و لە دەرەوەی شارەکە دایاننان. [١٧]جا کە هێنایاننە دەرەوە، یەکێکیان فەرمووی: «فریای خۆت بکەوە! ئاوڕ لە دواوەت مەدەوە و لەم دەوروبەرە ڕانەوەستیت. ڕابکە بۆ چیاکە بۆ ئەوەی لەناونەچیت!»

[١٨]بەڵام لۆت پێی گوتن: «نا، گەورەم! [١٩]خزمەتکارەکەت وا ڕەزامەندی لە چاوەکانت بەدی کردووە، خۆشەویستییەکەت گەورەیە کە بەرامبەرم کردووتە، بە هێشتنەوەی گیانم بە زیندوویتی. بەڵام من ناتوانم ڕابکەم بۆ چیاکە. نەوەک ئەم بەڵایە پێم بگات و بمرم. [٢٠]تەماشا ئەو شارۆچکە نزیکە بکە، بچووکە، با بۆ ئەوێ هەڵبێم. مەگەر بچووک نییە؟ ئیتر گیانم بە زیندوویتی دەمێنێتەوە.»

[٢١]ئەویش پێی فەرموو: «باشە، لەم شتەش نائومێدت ناکەم، ئەو شارۆچکەیەی باست کرد سەرەوژێری ناکەم. [٢٢]بەڵام بە پەلە بەرەو ئەوێ ڕابکە، چونکە هەتا تۆ نەگەیتە ئەوێ، من ناتوانم هیچ شتێک بکەم.» لەبەر ئەوەشە کە شارۆچکەکە ناونرا بە زۆعەر[a].

[٢٣]کاتێک خۆر بەسەر زەویدا هەڵهات، لۆت گەیشتە ناو زۆعەر. [٢٤]ئینجا یەزدان گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرادا باراند، لەلایەن یەزدانەوە، لە ئاسمانەوە. [٢٥]هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد. [٢٦]بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بووە ستوونێکی خوێ.

[٢٧]بۆ سبەی ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی تێیدا لەبەردەم یەزدان داکۆکی کردبوو. [٢٨]ڕوانییە سەدۆم و عەمۆرا و هەموو زەوی دەوروبەرەکە، سەیری کرد وا دووکەڵی زەوییەکە وەک دووکەڵی کوورە بەرز دەبێتەوە.

[٢٩]ئینجا کە خودا شارۆچکەکانی دەوروبەرەکەی وێران کرد، خودا ئیبراهیمی هاتەوە یاد[b] و لۆتی لەناو ئەو سەرەوژێرکردنە هێنایە دەرەوە، کاتێک ئەو شارانەی سەرەوژێر کرد کە لۆت تێیدا دانیشتبوو.

## لۆت و کچەکانی

[٣٠]ئینجا لۆت و هەردوو کچەکەی زۆعەریان بەجێهێشت و لە چیا نیشتەجێ بوون، چونکە ترسا لە زۆعەر دانیشێت. خۆی و هەردوو کچەکەی لە ئەشکەوت نیشتەجێ بوون. [٣١]کچە گەورەکە بە بچووکەکەی گوت: «باوکمان پیر بووە، هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نییە کە بەلاماندا بێت، وەک چۆن دابونەریتی هەموو زەوییە. [٣٢]وەرە با شەراب دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵی ڕاکشێین، لە باوکمانەوە وەچە بخەینەوە.»

[٣٣]ئەو شەوە شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە گەورەکە چووە ژوورەوە و لەگەڵ باوکی ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە هەستانەوەکەی.

[٣٤]بۆ ڕۆژی دوایی کچە گەورەکە بە بچووکەکەی گوت: «دوێنێ شەو لەگەڵ باوکم ڕاکشام. ئەمشەویش شەرابی دەرخوارد دەدەین، ئینجا تۆ بڕۆ ژوورەوە و لەگەڵی ڕاکشێ. جا لە باوکی خۆمانەوە وەچە دەخەینەوە.» [٣٥]ئەو شەوەش شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە بچووکەکە هەستا

[a] ٢٢ زۆعەر واتە بچووک.

[b] ٢٩ بڕوانە ١:٨.

و لەگەڵی ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە هەستانەوەکەی.

٣٦ ئیتر هەردوو کچەکەی لۆت سکیان لە باوکیان پڕ بوو. ٣٧ گەورەکەیان کوڕێکی بوو ناوی لێنا مۆئاب. ئەو باوکی هەموو مۆئابییەکانە هەتا ئەمڕۆ. ٣٨ هەروەها بچووکەکەشیان کوڕێکی بوو ناوی لێنا بەنعەمی. ئەویش باوکی نەوەی عەمۆنە هەتا ئەمڕۆ.

## ئیبراهیم و ئەبیمەلەخ

٢٠ ئیبراهیم لەوێوە بەرەو زەوی نەقەب کۆچی کرد و لەنێوان قادێش و شووردا نیشتەجێ بوو، لە گرار ئاوارە بوو. ٢ ئیبراهیم سەبارەت بە سارای ژنی گوتی: «ئەو خوشکمە.» ئینجا ئەبیمەلەخی پاشای گرار ناردی و سارای برد.

٣ ئینجا خودا هاتە خەوی ئەبیمەلەخ و پێی فەرموو: «ئەوا تۆ بەهۆی ئەو ژنەی بردووتە دەمریت، چونکە ئەو ژنێکی بە مێردە.»

٤ بەڵام هێشتا ئەبیمەلەخ لە سارای نزیك نەکەوتبووەوە، گوتی: «ئەی پەروەردگار، ئایا نەتەوەیەکی بێتاوان دەکوژیت؟ ٥ ئەی ئیبراهیمش پێی نەگوتم "ئەو خوشکمە،" ساراش خۆی نەیگوت "ئەو برامە"؟ من ئەمەم بە دڵسافی و دەستی پاکەوە کردووە.»

٦ خوداش لە خەونەکەدا پێی فەرموو: «منیش دەزانم تۆ ئەمەت بە دڵسافییەوە کردووە، هەر خۆشم ڕێگام لێ گرتیت کە گوناهم بەرامبەر بکەیت. لەبەر ئەوە بوو کە نەمهێشت دەستی بۆ ببەیت. ٧ ئێستاش ژنی پیاوەکە بگەڕێنەوە، ئەو پێغەمبەرە، لە پێناوی تۆ نزا دەکات و دەژیت. بەڵام ئەگەر نەشیگەڕێنیتەوە، ئەوە بزانە کە بێگومان دەمریت، خۆت و هەموو ئەوانەی هی تۆن.»

٨ سبەی ئەبیمەلەخ بەیانی زوو لە خەو هەستا و هەموو خزمەتکارەکانی بانگکرد و هەموو ئەم شتانەی پێیان گوت، پیاوەکانیش زۆر ترسان. ٩ ئینجا ئەبیمەلەخ ئیبراهیمی بانگکرد و پێی گوت: «ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ چ گوناهێکم بەرامبەرت کردووە تاکو خۆم و شانشینەکەم تووشی تاوانێکی وا گەورە بکەیت؟ ئەو کارەی کە ناشێت بە منت کرد.» ١٠ ئەبیمەلەخ بە ئیبراهیمی گوت: «چیت بینی هەتا ئەم کارەت کرد؟»

١١ ئیبراهیمیش گوتی: «چونکە گوتم: "لەم شوێنەدا هیچ لەخواترسی نییە، لەبەر ژنەکەشم من دەکوژن." ١٢ لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا ئەو خوشکمە، کچی باوکمە، بەڵام کچی دایکم نییە. ئیتر بووە ژنم. ١٣ کاتێکیش خودا لە ماڵی باوکمەوە ئاوارەی کردم، بە ژنەکەمم گوت: "ئەمە ئەو چاکەیە کە لەگەڵمدا دەکەیت، چووینە هەر شوێنێك، سەبارەت بە من بڵێ: ئەو برامە."»

١٤ ئیتر ئەبیمەلەخ مەڕ و مانگا و خزمەتکار و کەنیزەی هێنا و دایە ئیبراهیم، سارای ژنیشی بۆ گەڕاندەوە. ١٥ ئینجا ئەبیمەلەخ گوتی: «زەوییەکەم وا لەبەردەمی تۆیە، هەرکوێیەکیت پێ باشە لەوێ دابنیشە.»

١٦ بە ساراشی گوت: «من ئێستا هەزار شاقل زیو[a] دەدەمە براکەت. ئەمە بەرامبەر بە ئابڕووبردنەکەی تۆیە لەبەردەم هەموو ئەوانەی لەگەڵتن و لەلای هەموو کەسێك، ئیتر تۆ تەواو ڕوو سپیت.»

١٧ ئینجا ئیبراهیم لە خودا پاڕایەوە، خوداش ئەبیمەلەخ و ژنەکەی و کەنیزەکانی چاککردەوە و منداڵیان بوو، ١٨ چونکە هەرچی منداڵدانی ماڵی ئەبیمەلەخ هەبوو، یەزدان بە تەواوی بەستبووی، بەهۆی سارای ژنی ئیبراهیمەوە.

## لەدایکبوونی ئیسحاق

٢١ یەزدان بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەرکردەوە، یەزدان چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. ٢ ئینجا سارا لە پیرەمێردییێتی ئیبراهیمدا سکی پڕ بوو و منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرموو. ٣ ئیبراهیم کوڕە لەدایکبووەکەی خۆی کە سارا بۆی ببوو ناوی لێنا ئیسحاق. ٤ کاتێك

[a] ١٦ نزیکەی ١٢ کیلۆگرام.

ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەك چۆن خودا ڕایسپاردبوو. ٥ تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێك ئیسحاقی کوڕی لەدایك بوو.

٦ سارا گوتی: «خودا منی خستووەتە پێکەنین، هەرکەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگەڵ من پێدەکەنێت.» ٧ هەروەها گوتی: «کێ بە ئیبراهیمی دەگوت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لە پیرەمێردی ئەودا کوڕێکم بوو.»

## بەڕێکردنی هاجەر و ئیسماعیل لەلایەن ئیبراهیم

٨ کوڕە گەورە بوو و لە شیر بڕایەوە. لەو ڕۆژەی ئیسحاق لە شیر بڕایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. ٩ بەڵام سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. ١٠ جا بە ئیبراهیمی گوت: «ئەم کەنیزەیە و کوڕەکەی دەربکە، چونکە کوڕی ئەم کەنیزەیە لەگەڵ ئیسحاقی کوڕی من نابێتە میراتگر.»

١١ ئەم بابەتە ئیبراهیمی زۆر ناڕەحەت کرد، بەهۆی کوڕەکەی. ١٢ بەڵام خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: «لەلات ناڕەحەت نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر کەنیزەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە ڕێگەی ئیسحاقەوە نەوەی تۆ ناودەبردرێت. ١٣ هەروەها کوڕی کەنیزەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.»

١٤ سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەك ئاوی هێنا و دایە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکە بەڕێی کرد. ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شابەع وێڵ بوو.

١٥ کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەژێر دەوەنێك دانا. ١٦ ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیرهاوێژێك بەرامبەری دانیشت، چونکە گوتی: «با مەرگی کوڕەکە نەبینم.» ئیتر بەرامبەری دانیشت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا.

١٧ خودا دەنگی کوڕەکەی بیست و فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هاجەری بانگکرد و پێی فەرموو: «چیتە هاجەر؟ مەترسە، خودا دەنگی کوڕەکەی بیست لەو شوێنەی لێی دانراوە. ١٨ هەستە، کوڕەکە هەڵبگرە و دەستت بەهێز بکە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن.»

١٩ ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە، ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد. ئیتر چوو مەشکەکەی پڕکرد لە ئاو و ئاوی دایە کوڕەکە.

٢٠ خودا لەگەڵ کوڕەکە بوو، گەورە بوو و لە چۆڵەوانیدا دەژیا، بووە تیرهاوێژ. ٢١ لە چۆڵەوانی پاران نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی بۆ هێنا.

## پەیمانی بیری شابەع

٢٢ لەو سەردەمەدا ئەبیمەلەخ لەگەڵ فیکۆل کە فەرماندەی گشتی سوپاکەی بوو، بە ئیبراهیمیان گوت: «لە هەموو ئەوەی دەیکەیت خودات لەگەڵدایە. ٢٣ ئێستاش ئا لێرەدا سوێندم بۆ بخۆ بە خودا کە ناپاکی نە لە خۆم و نە لە منداڵم و نە لە نەوەم نەکەیت. بەڵکو وەك ئەو چاکەیەی لەگەڵ تۆدا کردم لەگەڵم دەکەیت، هەروەها لەگەڵ ئەو خاکەی کە تێیدا ئاوارە بوویت.»

٢٤ ئیبراهیمیش گوتی: «سوێند دەخۆم.»

٢٥ ئینجا ئیبراهیم گلەیی لە ئەبیمەلەخ کرد سەبارەت بەو بیرە ئاوەی کە خزمەتکارەکانی ئەبیمەلەخ داگیریان کردبوو. ٢٦ بەڵام ئەبیمەلەخ گوتی: «ئاگادار نیم کێ ئەم شتەی کردووە. هەروەها تۆ پێت ڕانەگەیاندووم، منیش ئەمڕۆ نەبێت نەمبیستووە.»

٢٧ ئیتر ئیبراهیم مەڕ و مانگای هێنا و دایە ئەبیمەلەخ، ئیتر هەردووکیان پەیمانیان بەست. ٢٨ ئیبراهیم لە مێگەلەکە حەوت کاوڕەمێی بە تەنها ڕاگرت. ٢٩ ئەبیمەلەخیش بە ئیبراهیمی گوت: «ئەم حەوت کاوڕەمێیە چییە کە بە تەنها ڕات گرتوون؟»

٣٠ ئەویش گوتی: «ئەم حەوت کاوڕەمێیە لە دەستی من وەردەگریت بۆ ئەوەی ببێتە شایەتییەك

بۆم کە من ئەم بیرەم هەڵکەندووە.» ٣١لەبەر ئەوە ئەو شوێنەی ناونا بە بیری شابەع[a]، چونکە هەردووکیان لەوێ سوێندیان خوارد.

٣٢لەدوای ئەوەی لە بیری شابەع پەیمانیان بەست، ئەبیمەلەخ و فیکۆلی فەرماندەی گشتی سوپاکەی هەستان و گەڕانەوە خاکی فەلەستییەکان. ٣٣ئینجا ئیبراهیم داری گەزی لە بیری شابەع چاند، لەوێش بە ناوی یەزدانی پەروەردگاری هەتاهەتاییەوە نزای کرد. ٣٤ئیتر ئیبراهیم لە خاکی فەلەستییەکان ماوەیەکی زۆری بە ئاوارەیی بەسەربرد.

## تاقیکردنەوەی ئیبراهیم

٢٢ لەدوای ماوەیەك خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە. پێی فەرموو: «ئیبراهیم!»

ئەویش گوتی: «ئەوەتام.»

٢ئینجا خودا فەرمووی: «کوڕەکەت، تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، بیبە و بڕۆ خاکی مۆریا. لەوێ بیکە قوربانی سووتاندن، لەسەر یەکێك لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.»

٣بۆ بەیانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد، داریشی بڕی بۆ قوربانی سووتاندن. ئینجا هەستا و بەرەو ئەو شوێنە چوو کە خودا پێی فەرمووبوو. ٤لە ڕۆژی سێیەم ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ٥ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی گوت: «ئێوە لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش هەتا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.»

٦ئیبراهیم داری قوربانی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی، خۆشی ئاگر و چەقۆکەی هەڵگرت، هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ٧ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی گوت: «باوکە!»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «ها کوڕم؟»

ئیسحاق گوتی: «ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە کە بۆ قوربانی سووتاندنەکەیە؟»

٨ئیبراهیم وەڵامی دایەوە: «خودا بۆ خۆی بەرخێك بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.» ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.

٩کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەر ڕێکخست، ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستییە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. ١٠ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژکرد و چەقۆکەی هەڵگرت هەتا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت. ١١بەڵام فریشتەی یەزدان لە ئاسمانەوە بانگی کرد و گوتی: «ئیبراهیم! ئیبراهیم!»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «ئەوەتام.»

١٢پێی گوت: «دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت.»

١٣ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی وا بەرانێك لەدوایەوە لەناو دەوەنەکە بە هەردوو قۆچی گیربووە. ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەك قوربانی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. ١٤ئیتر ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناونا، «یەزدان دابینی دەکات». هەتا ئەمڕۆش دەگوترێت، «لەسەر کێوی یەزدان، دابین دەکرێت.»

١٥فریشتەکەی یەزدان جارێکی دیکە لە ئاسمانەوە ئیبراهیمی بانگکرد و ١٦گوتی: «یەزدان دەفەرموێت سوێندبێت بە خۆم، لەبەر ئەوەی تۆ ئەمەت کرد و دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت، ١٧بێگومان بەرەکەتدارت دەکەم و نەوەکەت وەك ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان و وەك لمی سەر کەناری دەریا زۆر دەکەم. نەوەت دەبێتە میراتگری دەرگای دوژمنەکانی. ١٨لە ڕێگەی نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بەرەکەتدار دەبن، چونکە تۆ گوێڕایەڵی فەرمایشتەکەی من بوویت.»

١٩ئینجا ئیبراهیم گەڕایەوە لای دوو

[a] ٣١ بیری شابەع: واتە (بیری حەوت) یان (بیری سوێندخواردنەکە).

خزمەتکارەکەی. ئیتر هەستان و پێکەوە چوونە بیری شابەع. ئیبراهیم لەلای بیری شابەع نیشتەجێ بوو.

## کوڕانی ناحۆر

[٢٠]دوای ماوەیەك بە ئیبراهیم گوترا: «وا میلکەی براژنیشت چەند کوڕێکی بۆ ناحۆری برات بووە، [٢١]عوچ کە نۆبەرەکەیەتی و بووزی برای، هەروەها قەموئێلیش کە باوکی ئارامە. [٢٢]هەروەها کەسەد و حەزۆ و پیلداش و یدلاف و بتوئێل.» [٢٣]بتوئێلیش ڕیڤقەی بوو. ئەم هەشتە لە میلکە بوون بۆ ناحۆری برای ئیبراهیم. [٢٤]کەنیزەکەشی کە ناوی ڕەئوومە بوو، ئەویش تەڤەح و گەحەم و تەحەش و مەعکای بوو.

## مردنی سارا

٢٣ هەموو تەمەنی سارا سەد و بیست و حەوت ساڵ بوو. [٢]ئینجا سارا لە قیریەت ئەربەع کە حەبرۆنە لە خاکی کەنعان مرد. ئیبراهیمیش هات بۆ ئەوەی بۆ سارا بلاوێنێتەوە و بەسەریدا بگرییێت.

[٣]ئیبراهیم لەبەردەم مردووەکەی هەستا و لەگەڵ حیتییەکان قسەی کرد، گوتی: [٤]«من لەنێو ئێوە نامۆ و میوانم. لەلای خۆتان گۆڕێکم بە موڵك بدەنێ، هەتا بتوانم مردووەکەم لەبەردەمم بنێژم.»

[٥]حیتییەکان وەڵامی ئیبراهیمیان دایەوە و پێیان گوت: [٦]«گەورەم، گوێمان لێ بگرە، تۆ لەنێوانمان میرێکی بە توانایت. مردووەکەی خۆت لە باشترین گۆڕی ئێمە بنێژە. هیچ پیاوێکیش لە ئێمە بەرامبەر بە تۆ دەست بە گۆڕەکەیەوە ناگرێت، هەتا مردووەکەتی تێدا نەنێژیت.»

[٧]ئیبراهیمیش هەستا و کڕنۆشی بۆ خەڵکی خاکەکە برد، بۆ حیتییەکان. [٨]ئینجا قسەی لەگەڵ کردن، گوتی: «ئەگەر ڕازین بەوەی مردووەکەم کە لەبەردەممە بینێژم، ئەوا گوێم لێ بگرن و لە عەفرۆنی کوڕی چۆحەر داوام بۆ بکەن. [٩]ئەشکەوتەکەی مەخپێلەم پێ بفرۆشێت کە هی ئەوە و دەکەوێتە کەنار کێڵگەکەی. با بە نرخی تەواوی خۆشی بمداتێ، بۆ ئەوەی لەنێو ئێوەدا بۆ گۆڕ ببێتە موڵکم.»

[١٠]عەفرۆنی حیتی لەنێو حیتییەکان دانیشتبوو، لەبەرچاوی هەموو حیتییەکان، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکەی، وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە: [١١]«نا گەورەم، گوێت لێم بێت، کێڵگەکەت پێ دەفرۆشم بە ئەشکەوتەکەی ناویشییەوە. لەبەرچاوی گەلەکەم پێم بەخشیت. مردووەکەی خۆت بنێژە.»

[١٢]ئیبراهیمیش لەبەردەم خەڵکی خاکەکە کڕنۆشی برد و [١٣]لەبەرچاوی خەڵکی خاکەکە بە عەفرۆنی گوت: «بەڵام ئەگەر تۆ ڕازیت، ئەوا حەز دەکەم گوێشم لێ بگریت: نرخی کێڵگەکەت دەدەمێ. لە منی وەربگرە، ئینجا مردووەکەی خۆم لەوێ دەنێژم.»

[١٤]عەفرۆنیش وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە: [١٥]«گوێم لێ بگرە گەورەم، زەوییەکە بایی چوار سەد شاقل[a] زیوە، بەڵام ئەوە لەنێوان من و تۆ چییە! مردووەکەی خۆت بنێژە.»

[١٦]ئیبراهیمیش گوێی لە عەفرۆن گرت و لەبەرچاوی حیتییەکان ئەو بڕە زیوەی بۆ عەفرۆن کێشا. چوار سەد شاقل زیو، بەو کێشانەی لەلای بازرگانەکان باوبوو.

[١٧]ئیتر کێڵگەکەی عەفرۆن، ئەوەی لە مەخپێلەیە، ئەوەی لەبەردەم مەمرێیە، کێڵگەکە و ئەشکەوتەکە کە لەناوییەتی، هەروەها هەموو ئەو دارانەی لەناو کێڵگەکەیە و لە سنووری دەوروبەریەتی، بووە [١٨]موڵکی ئیبراهیم، لەبەرچاوی هەموو حیتییەکان، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکە. [١٩]دوای ئەوە ئیبراهیم سارای ژنی لەناو ئەشکەوتەکەی کێڵگەی مەخپێلە ناشت کە لەبەردەم مەمرێیە، ئەوەش حەبرۆنە لە خاکی کەنعان. [٢٠]ئیتر کێڵگەکە و ئەشکەوتەکەی ناوی بووە موڵکی ئیبراهیم، بۆ ئەوەی لەلای حیتییەکان ببێتە گۆڕستان.

[a] ١٥ نزیکەی ٨٠٠ مسقاڵ، ٤,٥ کیلۆگرام.

## ئیسحاق و ڕڤقە

٢٤ ئیبراهیم پیر بوو و چووە ساڵەوە. یەزدانیش ئیبراهیمی لە هەموو شتێکدا بەرەکەتدار کرد. [٢]ئینجا ئیبراهیم بە خزمەتکاری گەورەی ماڵەکەی گوت کە هەرچییەکیشی هەبوو بە دەست ئەو بوو: «دەست بخەرە ژێر ڕانم. [٣]سوێندت دەدەم بە یەزدان، خودای ئاسمان و خودای زەوی، کە هیچ ژنێك لە کچانی کەنعانییەکان بۆ کوڕەکەم ناخوازیت، کە خۆم نیشتەجێی نێوانیانم. [٤]بەڵکو دەچیتە خاکەکەم بۆ لای کەسوکارەکەم و لەوێ ژنێك بۆ کوڕەکەم، بۆ ئیسحاق دەهێنیت.»

[٥]خزمەتکارەکەش پێی گوت: «ئەی ئەگەر ئافرەتەکە نەیویست دوام بکەوێت بۆ ئەم زەوییە؟ ئایا کوڕەکەت بگەڕێنمەوە ئەو خاکەی لێوەی هاتوویت؟»

[٦]ئیبراهیمیش پێی گوت: «ئاگاداربە کوڕەکەم نەگەڕێنیتەوە ئەوێ. [٧]یەزدانی پەروەردگاری ئاسمان، ئەوەی لە ماڵی باوکم و لە خاکی لەدایکبوونمەوە منی برد، ئەوەی پێی فەرمووم و ئەوەی سوێندی بۆ خواردم و فەرمووی: "ئەم زەوییە بە نەوەی تۆ دەبەخشم." ئەو فریشتەی خۆی لەپێشتەوە دەنێرێت و لەوێ ژنێك بۆ کوڕەکەم دەهێنیت. [٨]خۆ ئەگەر ئافرەتەکەش نەیویست لەگەڵت بێتەوە، ئەوا گەردنت ئازاد دەبێت لەم سوێندەی من. تەنها نەکەیت کوڕەکەم ببەیتەوە ئەوێ.» [٩]ئینجا خزمەتکارەکە دەستی خستە ژێر ڕانی ئیبراهیمی گەورەی و لەسەر ئەمە سوێندی بۆ خوارد.

[١٠]ئیتر خزمەتکارەکە دە وشتری لە وشترەکانی گەورەکەی برد و ڕۆیشت، هەموو شتە باشەکانی گەورەکەشی بە دەستیەوە بوو، هەستا و چوو بۆ میسۆپۆتامیا[a] بۆ شارۆچکەکەی ناحۆر. [١١]لە دەرەوەی شارۆچکەکە، لەلای بیرێك[b] وشترەکانی خست. دەمەو ئێوارە ئەو کاتەی کچەکان دەهاتنە دەرەوە بۆ ئاوکێشان.

[١٢]ئینجا گوتی: «ئەی یەزدان، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەمڕۆم بۆ ئاسان بکە، چاکە لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەم بکە. [١٣]من وا لەلای ئەم کانییە ڕاوەستاوم و کچانی خەڵکی شارۆچکەکە دێنە دەرەوە بۆ ئاوکێشان. [١٤]دەبا ئەو کچەی پێی دەڵێم: "گۆزەکەتم بۆ لار بکەرەوە با ئاو بخۆمەوە،" ئەویش بڵێت: "بخۆرەوە، هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم." با ئەوت هەڵبژاردبێت بۆ خزمەتکارەکەت، بۆ ئیسحاق. بەمەش دەزانم کە چاکەت لەگەڵ گەورەکەم کردووە.»

[١٥]پێش ئەوەی لە داواکارییەکەی ببێتەوە، ڕڤقە بە گۆزەکەی سەرشانییەوە هاتە دەرەوە. ڕڤقە کچی بتوئێلی کوڕی میلکە بوو، ژنی ناحۆری برای ئیبراهیم بوو. [١٦]کچێکی زۆر جوان بوو، پاکیزە بوو، دەستی هیچ پیاوێکی بەرنەکەوتبوو. هاتە خوارەوە بۆ لای کانییەکە و گۆزەکەی پڕکرد و سەرکەوتەوە.

[١٧]خزمەتکارەکەش ڕایکرد بۆ لای و گوتی: «تۆزێك ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ.»

[١٨]ئەویش گوتی: «بخۆرەوە گەورەم.» ئیتر بە پەلە گۆزەکەی لەسەر دەستی داگرت و ئاوی دایێ.

[١٩]دوای ئەوەی ئاوی دایێ، گوتی: «هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم، هەتا تێر دەخۆنەوە.» [٢٠]ئینجا بە پەلە گۆزەکەی بەتاڵ کردە ناو ئاخوڕەکە و بە ڕاکردن گەڕایەوە لای بیرەکە هەتا ئاو هەڵبکێشێتەوە، ئیتر ئاوی دایە هەموو وشترەکان. [٢١]پیاوەکەش بە بێدەنگی لێی ورد دەبووەوە تاکو بزانێت ئاخۆ یەزدان ڕێگاکەی سەرکەوتوو کردووە یان نا.

[٢٢]کاتێك وشترەکان لە ئاوخواردنەوە بوونەوە، پیاوەکە خەزێمێکی زێڕی هێنا کە کێشەکەی نیو شاقل[c] بوو لەگەڵ دوو بازنی زێڕ کە کێشیان دە شاقل بوو. [٢٣]ئینجا لێی پرسی: «تۆ کچی کێیت؟

[a] ١٠ میسۆپۆتامیا: عیبری (ئارامی دوو ڕووبار) بە واتای وڵاتی ئارام کە دەکەوێتە نێوان دجلە و فورات.

[b] ١١ لەبەر ئەوەی ئاوی کانییەکە نەما پێویست بوو کە بیرێك لێ بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاوەکە.

[c] ٢٢ نیو شاقل: نزیکەی مسقاڵێك یان ٥,٥ گرام.

دەتوانیت پێم بڵێی ئایا لە ماڵی باوکت شوێن هەیە بۆمان تێیدا بمێنینەوە؟»

[٢٤]ئەویش وەڵامی دایەوە: «من کچی بتوئێلی کوڕی میلکە و ناحۆرم.» [٢٥]پێشی گوت: «کا و ئالیکی زۆرمان لەلایە، هەروەها شوێنیش بۆ مانەوە.»

[٢٦]ئیتر پیاوەکە چۆکی دادا و کڕنۆشی بۆ یەزدان برد، [٢٧]ئینجا گوتی: «ستایش بۆ یەزدان، خودای ئیبراهیمی گەورەم کە وازی لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی و دڵسۆزییەکەی نەهێنا لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەم، من بەڕێوە بووم، یەزدان ڕێنمایی کردم بۆ ماڵی برایانی گەورەکەم.»

[٢٨]کچەش ڕایکرد و ئەم شتانەی بە ماڵی دایکی ڕاگەیاند. [٢٩]ڕڤقەش برایەکی هەبوو ناوی لابان بوو، لابان ڕایکردە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە، بۆ لای کانییەکە. [٣٠]هەرکە خەزێم[a] و بازنەکانی دەستی خوشکەکەی بینی و گوێی لە قسەکانی ڕڤقەی خوشکی بوو کە گوتی: «پیاوەکە ئاوا قسەی لەگەڵ کردم،» هاتە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە، بینی وا لەلای وشترەکان لەسەر کانییەکە ڕاوەستاوە. [٣١]ئینجا گوتی: «فەرموو، ئەی ئەوەی یەزدان بەرەکەتداری کردوویت، بۆ لە دەرەوە ڕاوەستاویت؟ ئەوا من ماڵم ئامادە کردووە و شوێنیش بۆ وشترەکان.»

[٣٢]ئیتر پیاوەکە هاتە ماڵەوە، باری وشترەکانی کردەوە و کا و ئالیکی دایە وشترەکان، ئاو بۆ شوشتنی پێی و پێی ئەو پیاوانەی لەگەڵی بوون. [٣٣]ئینجا نان خرایە بەردەمی بۆ ئەوەی بیخوات، بەڵام گوتی: «نان ناخۆم هەتا قسەی خۆم نەکەم.»

لابانیش گوتی: «قسە بکە.»

[٣٤]ئینجا گوتی: «من خزمەتکاری ئیبراهیمم، [٣٥]یەزدانیش گەورەکەمی زۆر بەرەکەتدار کردووە، مەزن بووە، مەڕ و مانگا و زێڕ و زیو و خزمەتکار و کەنیزە و وشتر و گوێدرێژی داوەتێ. [٣٦]سارای ژنی گەورەکەم لە تەمەنی پیری کوڕێکی بۆ گەورەم بووە، هەرچییەکی هەیە داویەتییە ئەو. [٣٧]گەورەشم سوێندی دام و گوتی: ”هیچ ژنێك بۆ کوڕەکەم لە کچانی کەنعانییەکان نەخوازیت، کە خۆم نیشتەجێی خاکەکەیانم. [٣٨]بەڵکو دەچیتە ماڵی باوکم بۆ لای کەسوکارەکەم و ژن بۆ کوڕەکەم دەخوازیت.“

[٣٩]«منیش بە گەورەمم گوت: ”ئەی ئەگەر ئافرەتەکە لەگەڵ من نەیەتەوە؟“

[٤٠]«ئەویش پێی گوتم: ”یەزدان، ئەوەی دۆستایەتی دەکەم، فریشتەی خۆیت لەگەڵ دەنێرێت و ڕێگاکەت سەرکەوتوو دەکات، لە کەسوکارەکەم و لە ماڵی باوکم ژنێك بۆ کوڕەکەم دەخوازیت. [٤١]ئاوا سوێندەکەم بەتاڵ دەبێت، کاتێك بچیتە لای کەسوکارەکەم، ئەگەر نەتدەنێ ئەوا گەردنت ئازاد دەبێت لە سوێندەکەم.“

[٤٢]«جا ئەمڕۆ کە هاتمە لای کانییەکە، گوتم: ”ئەی یەزدان، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەگەر ڕێگاکەم سەرکەوتوو دەکەیت کە لەسەری دەڕۆم، [٤٣]ئەوەتا من لەسەر ئەم کانیاوە ڕاوەستاوم، دەبا ئەو کچەی کە دێتە دەرەوە بۆ ئاوکێشان و پێی دەڵێم: ’تۆزێك ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ.‘ [٤٤]ئەویش پێم دەڵێت: ’تۆ بخۆرەوە، هەروەها ئاو بۆ وشترەکانیشت دەکێشمەوە.‘ ئەوە ئەو ژنە بێت کە یەزدان بۆ کوڕی گەورەکەمی هەڵبژاردووە.“

[٤٥]«ئەوە بوو هێشتا قسەکەم لە دڵی خۆمدا تەواو نەکردبوو کە ڕڤقە هاتە دەرێ و گۆزەکەی لەسەر شانی بوو. ئیتر هاتە خوارێ بۆ لای کانییەکە و گۆزەکەی پڕکرد. منیش پێم گوت: ”ئاوم بدەرێ.“

[٤٦]«ئەویش بە پەلە گۆزەکەی سەر شانی خۆی داگرت و گوتی: ”تۆ بخۆرەوە، هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم.“ منیش خواردمەوە، هەروەها وشترەکانیشی ئاو دا.

[٤٧]«پرسیارم لێکرد و گوتم: ”تۆ کچی کێیت؟“

«ئەویش گوتی: ”کچی بتوئێلی کوڕی ناحۆرم، ئەوەی لە میلکەیە.“

«خەزێمەکەم لە لووتی کرد و بازنەکانیشم لە دەستی کرد. [٤٨]منیش چۆکم دادا و کڕنۆشم بۆ یەزدان برد. ستایشی یەزدانم کرد، خودای ئیبراهیمی گەورەم، کە ڕێنمایی کردم بۆ سەر ڕێگای ڕاست

[a] ٣٠ لووتەوانە.

بۆ ئەوەی کچەزای براکەی گەورەکەم بۆ کوڕەکەی بهێنم. ٤٩ئێستاش ئەگەر چاکە و وەفاداری لەگەڵ گەورەکەم دەکەن، ئەوا پێم ڕابگەیەنن، خۆ ئەگەر نا، ئەوا پێم ڕابگەیەنن، هەتا ڕوو لە ڕاست یان لە چەپ بکەم.»

٥٠لابان و بتوئێل وەڵامیان دایەوە: «ئەم کارە لە یەزدانەوەیە، ناتوانین نە بە خراپ و نە بە چاك هیچت پێ بڵێین. ٥١ڕفقە وا لەبەردەمتە، بیبە و بڕۆ، با ببێتە ژنی کوڕی گەورەکەت، هەروەك یەزدان فەرمووی.»

٥٢ئیتر کە خزمەتکارەکەی ئیبراهیم گوێی لە قسەکانیان بوو، کڕنۆشی بۆ یەزدان برد. ٥٣ئینجا خزمەتکارەکە قاپی زیو و قاپی زێڕ و جلوبەرگی دەرهێنا و پێشکەشی ڕفقەی کرد، هەروەها دیاری گرانبەهای دا بە براکەی و دایکی. ٥٤ئیتر خۆی و پیاوەکانی کە لەگەڵی بوون خواردیان و خواردیانەوە و لەوێ مانەوە.

بەیانی لە خەو هەستان و گوتی: «بمنێرنەوە بۆ لای گەورەکەم.»

٥٥بەڵام براکەی و دایکی گوتیان: «با کچەکە چەند ڕۆژێك لەلامان بمێنێتەوە، بە لایەنی کەمەوە دە ڕۆژ، پاشان بکەوێتە ڕێ.»

٥٦ئەویش پێی گوتن: «دوام مەخەن کە یەزدان ڕێگای بۆ سەرکەوتوو کردووم. بمنێرنەوە و دەچمەوە لای گەورەکەم.»

٥٧ئەوانیش گوتیان: «کچەکە بانگ دەکەین و پرسیاری لێ دەکەین.» ٥٨ئیتر ڕفقەیان بانگکرد و لێیان پرسی: «لەگەڵ ئەم پیاوە دەڕۆیت؟»

ئەویش گوتی: «دەڕۆم.»

٥٩ئیتر ڕفقەی خوشکیان و دایەنەکەی و خزمەتکارەکەی ئیبراهیم و پیاوەکانییان بەڕێکرد. ٦٠داوای بەرەکەتیان بۆ ڕفقەش کرد و پێیان گوت:

«خوشکمان،
پتر بن هەزار لەسەر هەزار،
با نەوەکانیشت
ببنە میراتگری دەروازەی ناحەزانیان.»

٦١ئینجا ڕفقە و کەنیزەکانی هەستان و سواری وشترەکان بوون و دوای پیاوەکە کەوتن. ئیتر خزمەتکارەکە ڕفقەی برد و ڕۆیشت.

٦٢ئیسحاق کە لە خاکی نەقەب نیشتەجێ بوو، لە ڕێگای بیری لەحەی ڕۆئییەوە هاتبووەوە. ٦٣ئیسحاق دەمەو ئێوارە چووە دەرەوە بۆ ناو کێڵگەکە و نوقومی بیرکردنەوە بوو، کە چاوی هەڵبڕی، بینی وا هەندێك وشتر بەرەو ڕووی دێن. ٦٤ڕفقەش چاوی هەڵبڕی و ئیسحاقی بینی. ئیتر لە وشترەکە دابەزی. ٦٥بە خزمەتکارەکەی گوت: «ئەم پیاوە کێیە وا لە کێڵگەکەدا بۆ لامان دێت؟»

خزمەتکارەکەش گوتی: «ئەوە گەورەکەمە.» ئەویش بە ڕووپۆشەکەی خۆی داپۆشی.

٦٦ئیتر خزمەتکارەکە هەرچی کردبوو بۆ ئیسحاقی گێڕایەوە. ٦٧ئیسحاقیش ڕفقەی بردە ناو چادرەکەی سارای دایکی، هێنای و بوو بە ژنی و خۆشی ویست. ئەمەش بووە دڵنەوایی ئیسحاق لەدوای مردنی دایکی.

## مردنی ئیبراهیم

٢٥ ئیبراهیم ژنێکی دیکەی هێنا کە ناوی قەتورە بوو، ٢لەویش زیمران، یۆقشان، مەدان، میدیان، یەشباق و شوەحی بوو. ٣یۆقشان باوکی شەبا و دیدان بوو. وەچەکانی دیدانیش، ئەشووری و لەتوشی و لەئومییەکان بوون. ٤کوڕەکانی میدیانیش عێفا، عێفەر، حەنۆك، ئەبیداع و ئەلداعە بوون. هەموو ئەمانە نەوەی قەتورە بوون.

٥ئیبراهیم هەرچی ماڵومڵکی هەبوو دایە ئیسحاق، ٦بەڵام کاتێك هێشتا لە ژیاندا بوو، دیاری بەو کوڕانەی دا کە لە کەنیزەکانی بوون و بەرەو خاکی ڕۆژهەڵات ناردنی، دوور لە ئیسحاقی کوڕی.

٧ئەمەش تەمەنی ئیبراهیمە، سەد و حەفتا و پێنج ساڵ ژیا. ٨ئینجا ئیبراهیم لە تەمەنێکی باشی پیریدا، دواهەناسەی دا و مرد، پیرەمێردێکی تێر لە ژیان خواردوو، ئیتر چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی. ٩هەردوو کوڕەکەی، ئیسحاق و ئیسماعیل،

هێنایان لە ئەشکەوتەکەی مەخپێلە کە لەبەردەم
مەمرێیە بە خاکیان سپارد، لە کێڵگەکەی عەفرۆنی
کوڕی چۆحەری حیتی. [١٠]ئەو کێڵگەیەی ئیبراهیم
لە حیتییەکان کڕی. لەوێ ئیبراهیم لەگەڵ سارای
ژنی بە خاك سپێردرا. [١١]دوای مردنی ئیبراهیم، خودا
ئیسحاقی کوڕی بەرەکەتدار کرد. ئیسحاقیش لەلای
بیری لەحەی ڕۆئییەوە نیشتەجێ بوو.

## نەوەکانی ئیسماعیل

[١٢]ئەمانەش نەوەکانی ئیسماعیلی کوڕی
ئیبراهیمن کە لە هاجەری میسرییەوە، کەنیزەکەی
سارا کە بۆ ئیبراهیمی بوو.

[١٣]ئەمانەش ناوی کوڕەکانی ئیسماعیلن، ناویان
بەپێی لەدایکبوونیان: نەبایۆت کە نۆبەرەی
ئیسماعیل بوو، هەروەها قێدار[a]، ئەدبەئێل، میبسام،
[١٤]میشماع، دوما، مەسسا، [١٥]حەدەد، تێما، یەتور،
نافیش و قێدما. [١٦]ئەمانە کوڕەکانی ئیسماعیل
بوون، ئەمانەن ناوی هەوار و خێوەتگاکانیان،
دوازدە میر بەپێی هۆزەکانیان. [١٧]ئەمەش تەمەنی
ئیسماعیل بوو، سەد و سی و حەوت ساڵ بوو. ئینجا
دواهەناسەی دا و مرد، ئیتر چووەوە پاڵ گەلەکەی
خۆی. [١٨]نەوەکەی لە حەڤیلاوە هەتا شوور نیشتەجێ
بوون، سنوورەکەیان لە نزیك سنووری میسر بوو
لەسەر ڕێگای ئەشوور، بەرامبەر هەموو براکانیان
دوژمنایەتییان دەکرد.[b]

## یاقوب و عیسۆ

[١٩]ئەمانەش نەوەکانی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمن.

ئیبراهیم ئیسحاقی بوو. [٢٠]ئیسحاق تەمەنی چل
ساڵ بوو کاتێك ڕڤقەی کچی بتوئێلی ئارامی کە
خوشکی لابانی ئارامی بوو لە پەدان ئارامەوە هێنای
هەتا ببێتە ژنی.

[a] ١٣ دووەم کوڕی ئیسماعیلە و باوکی بەناوبانگترین هۆزی عەرەبە، کە لە بیابانی سوریا نیشتەجێ بوون.

[b] ١٨ دوژمنایەتی: بڕوانە ١٢:١٦ و زەبوورەکان ١٢٠:٥-٧.

[٢١]ئیسحاق لە پێناو ژنەکەی لە یەزدان پاڕایەوە،
چونکە نەزۆك بوو. یەزدانیش وەڵامی دایەوە و
ڕڤقەی ژنی سکپڕ بوو. [٢٢]هەردوو کوڕەکە لە سکیدا
ململانێی یەکتریان دەکرد، ئەویش گوتی: «بۆچی
ئەمە لە من ڕوودەدات؟» ئیتر چوو هەتا پرسیار لە
یەزدان بکات.

[٢٣]یەزدانیش پێی فەرموو:

«دوو نەتەوە لە منداڵدانتن،
دوو گەل لە هەناوتەوە لە یەك جیا دەبنەوە،
گەلێکیان لە گەلەکەی دیکە بەهێزتر دەبێت،
گەورەکە خزمەتی بچووکەکە دەکات.»

[٢٤]کە ڕۆژانی خۆی تەواو کرد و هاتە سەر
منداڵبوون، بێگومان دووانەیەك[c] لە منداڵدانی بوو.
[٢٥]ئەوەیان کە یەکەم جار لەدایك بوو سوور بوو،
هەموو لەشی وەك کەوڵێکی تووکن وابوو، ناویان
لێنا عیسۆ[d]. [٢٦]دوای ئەمە براکەی لەدایك بوو، بە
دەستیشی پاژنە پێی عیسۆی گرتبوو، ناویان لێنا
یاقوب[e]. ئیسحاق لە تەمەنی شەست ساڵیدا بوو
کاتێك ڕڤقە ئەمانی بوو.
[٢٧]هەردوو کوڕەکە گەورە بوون، عیسۆ بووە
پیاوێکی شارەزا لە ڕاو، پیاوی دەشتودەر، بەڵام یاقوب
پیاوێکی لەسەرخۆ و چادرنشین بوو. [٢٨]ئیسحاق
عیسۆی خۆشویست، چونکە حەزی لە گۆشتی نێچیر
بوو، بەڵام ڕڤقە یاقوبی خۆشدەویست.
[٢٩]ڕۆژێك یاقوب چێشتی لێدەنا، عیسۆ لە
دەشتودەر هاتەوە و پەکی کەوتبوو. [٣٠]عیسۆ بە
یاقوبی گوت: «هەندێکم لەو چێشتە سوورە بدەرێ!
چونکە پەکم کەوتووە.» لەبەر ئەمەیە ناوی لێنرا
ئەدۆم[f].

[c] ٢٤ جمك

[d] ٢٥ عیسۆ واتای تووکن. نازناوەکەشی (ئەدۆم) بوو، واتە سوور.

[e] ٢٦ (یاقوب) واتە پاژنە دەگرێت، واتایەکی مەجازییە واتە هەڵدەخەڵەتێنێت. بڕوانە ٣٦:٢٧.

[f] ٣٠ ئەدۆم واتای سوورەیە.

[٣١]یاقوبیش گوتی: «تۆش ئەمڕۆ نۆبەرایەتییەکەی خۆتم پێ بفرۆشە.»

[٣٢]عیسۆ گوتی: «من وا خەریکە دەمرم، ئیتر نۆبەرایەتیم بۆ چییە؟»

[٣٣]بەڵام یاقوب گوتی: «ئادەی ئەمڕۆ سوێندم بۆ بخۆ.» ئەویش سوێندی بۆ خوارد و نۆبەرایەتییەکەی خۆی فرۆشتە یاقوب.

[٣٤]ئینجا یاقوب نان و نیسکی دایە عیسۆ. ئیتر عیسۆ خواردی و خواردیەوە، هەستا و ڕۆیشت.

بۆیە عیسۆ سووکایەتی بە نۆبەرایەتی کرد.

## ئیسحاق و ئەبیمەلەخ

٢٦ ئینجا قاتوقڕی لە خاکەکە سەریهەڵدا، جیا لەو قاتوقڕییەی یەکەم جار لە سەردەمی ئیبراهیم ڕوویدا. ئیسحاقیش چوو بۆ لای ئەبیمەلەخی پاشای فەلەستییەکان لە گرار. [٢]یەزدان بۆ ئیسحاق دەرکەوت و فەرمووی: «مەچووە میسر، بەڵام لەو خاکە نیشتەجێ بە کە خۆم پێت دەڵێم. [٣]بۆ ماوەیەک لەم خاکە بمێنەوە، خۆم لەگەڵت دەبم و بەرەکەتدارت دەکەم، چونکە هەموو ئەم خاکانە دەدەمە خۆت و نەوەکەت، ئەو سوێندەش دەچەسپێنم کە بۆ ئیبراهیمی باوکتم خواردووە. [٤]نەوەشت زۆر دەکەم، وەک ئەستێرەکانی ئاسمان، هەموو ئەم خاکەشم داوەتە نەوەکەت، لە ڕێگەی نەوەی تۆوە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بەرەکەتدار دەبن. [٥]لەبەر ئەوەی ئیبراهیم گوێڕایەڵی فەرمایشتەکەم بوو، داواکاری و فەرمان و فەرز و فێرکردنی منی بەجێهێنا.»

[٦]ئیتر ئیسحاق لە گرار نیشتەجێ بوو. [٧]پیاوانی ئەو شوێنە دەربارەی ژنەکەی پرسیاریان لێکرد، ئەویش گوتی: «ئەو خوشکمە.» ئیسحاق ترسا لەوەی پێیان بڵێت «ژنمە»، چونکە گوتی، «نەوەک پیاوانی شوێنەکە لەبەر ڕفقە بمکوژن، چونکە جوانە.»

[٨]کاتێک ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە، ئەبیمەلەخی پاشای فەلەستییەکان لە پەنجەرەکەوە سەیری خوارەوەی دەکرد، بینی وا ئیسحاق لەگەڵ ڕفقەی ژنی خەریکی دەستبازییە. [٩]ئینجا ئەبیمەلەخ بەدوای ئیسحاقدا ناردی و گوتی: «کەواتە ئەو ژنتە! ئەی چۆن گوتت: ”ئەو خوشکمە“؟»

ئیسحاقیش پێی گوت: «چونکە وا بیرم کردەوە لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بمرم.»

[١٠]ئەبیمەلەخیش گوتی: «ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ لەوانەیە یەکێک لەم پیاوانە لەگەڵ ژنەکەت بنوستایە، ئەو کاتە ئێمەت تووشی تاوان دەکرد.»

[١١]ئیتر ئەبیمەلەخ فەرمانی بە هەموو خەڵکەکە کرد و گوتی: «هەرکەسێک دەست ببات بۆ ئەم پیاوە یان ژنەکەی بێگومان دەکوژرێت.»

[١٢]ئیسحاق لەو زەوییەدا کشتوکاڵی کرد، هەر ئەو ساڵە سەد ئەوەندەی دەست کەوت، یەزدانیش بەرەکەتداری کرد. [١٣]ئیتر پیاوە دەوڵەمەند بوو، سامانەکەی زیادی دەکرد، هەتا وای لێهات زۆر دەوڵەمەند بوو. [١٤]ئینجا بووە خاوەن مەڕ و مانگا و خزمەتکارێکی زۆریش، فەلەستییەکانیش بەغیلییان پێ برد. [١٥]هەموو ئەو بیرانەش کە خزمەتکارەکانی باوکی لە سەردەمی ئیبراهیمی باوکی هەڵیانکەندبوو، فەلەستییەکان بە خۆڵ پڕیان کردبووەوە و دایانخستبوو.

[١٦]ئینجا ئەبیمەلەخ بە ئیسحاقی گوت: «لەلای ئێمە بڕۆ، چونکە زۆر لە ئێمە بەهێزتر بوویت.»

[١٧]ئیتر ئیسحاق لەوێ ڕۆیشت و لە دۆڵی گرار چادری هەڵدا، لەوێ نیشتەجێ بوو. [١٨]ئیسحاق جارێکی دیکە ئەو بیرانەی هەڵدایەوە کە لە سەردەمی ئیبراهیمی باوکی هەڵکەنرابوون و فەلەستییەکان دوای مردنی ئیبراهیم دایانخستبوو، هەر هەمان ناویشی لێنان کە باوکی لێینابوون.

[١٩]خزمەتکارەکانی ئیسحاق لە دۆڵەکە کەوتنە هەڵکەندن و کارێزێکی ئاوی سازگاریان لەوێ دۆزییەوە. [٢٠]بەڵام شوانەکانی گرار لەگەڵ شوانەکانی ئیسحاق بوو بە ناکۆکییان و گوتیان: «ئاوەکە هی ئێمەیە.» ئیتر بیرەکەی ناونا «عێسەق»، چونکە لەسەری کردیانە ناکۆکی. [٢١]ئینجا بیرێکی دیکەیان هەڵکەند، بەڵام دیسان لەسەر ئەمەش بوو بە

ناکۆکییان، لەبەر ئەوە ناوی لەمەش نا سیتنا. ٢٢ئیتر لەوێ گواستییەوە و بیرێکی دیکەی هەڵکەند، ناکۆك نەبوون لەسەری، ناوی لەمە نا ڕەحۆبۆت، گوتی: «چونکە ئێستا یەزدان بۆی فراوان کردین، لە زەوییەکەدا بە بەروبووم دەبین.»

٢٣ ئینجا لەوێوە بۆ بیری شابەع چوو. ٢٤جا لەو شەوەدا یەزدان بۆی دەرکەوت و فەرمووی: «من خودای ئیبراهیمی باوکتم. مەترسە، چونکە لەگەڵتم. بەرەکەتدارت دەکەم و نەوەت زۆر دەکەم، لەبەر ئیبراهیمی بەندەم.»

٢٥ئیتر ئیسحاق لەوێ قوربانگایەکی بنیاد نا، بە ناوی یەزدانەوە نزای کرد. لەوێ چادرەکەی هەڵدا، خزمەتکارەکانیشی لەوێ بیرێکیان هەڵکەند.

٢٦هەر لەو کاتەدا ئەبیمەلەخ لەگەڵ ئەحوزەتی ڕاوێژکاری و فیکۆلی فەرماندەی گشتی لە گرارەوە هاتنە لای. ٢٧ئیسحاقیش لێی پرسین: «بۆچی هاتوونەتە لام، کە خۆتان ڕقتان لێم بووەوە و لەلای خۆتان دەرتانکردم؟»

٢٨ئەوانیش گوتیان: «ئێمە بە تەواوی بینیمان کە یەزدان لەگەڵ تۆ بوو، ئیتر گوتمان: "با لەنێوانمان سوێند هەبێت،" لەنێوان ئێمە و تۆ. با پەیمانت لەگەڵ ببەستین، ٢٩کە خراپەمان لەگەڵ نەکەیت، وەك چۆن ئێمە دەستمان بۆت نەبرد، بەڵام لە چاکە بەولاوە هیچی دیکەمان لەگەڵ نەکردیت، بە سەلامەتی بەڕێمان کردیت. ئێستاش تۆ بەرەکەتداری یەزدانیت.»

٣٠ئینجا ئیسحاق خوانی بۆ ساز کردن، ئیتر خواردیان و خواردیانەوە. ٣١بۆ سبەی بەیانی زوو لە خەو هەستان و هەریەکە و سوێندی بۆ ئەوی دیکەیان خوارد. ئینجا ئیسحاق بەڕێی کردن، ئەوانیش بە سەلامەتی لەلای ڕۆیشتن.

٣٢ئەوە بوو هەر لەو ڕۆژەدا خزمەتکارەکانی ئیسحاق هاتن و دەربارەی ئەو بیرەی کە هەڵیانکەندبوو پێیان ڕاگەیاند، پێیان گوت: «ئاومان دۆزییەوە.» ٣٣ئەویش ناوی لێنا شیبعا، لەبەر ئەوەیە هەتا ئەمڕۆش ناوی شارۆچکەکە بیری شابەعە.

٣٤عیسۆ تەمەنی بووە چل ساڵ و ژنی هێنا، یەهودیتی کچی بئێریی حیتی و باسمەتی کچی ئێلۆنی حیتی. ٣٥بۆ ئیسحاق و ڕڤقە بوونە مایەی خەم و خەفەت.

## یاقوب بەرەکەتی ئیسحاق وەردەگرێت

٢٧ کاتێك ئیسحاق پیر بوو و چاوەکانی کز بوون بۆ بینین، عیسۆی کوڕە گەورەی خۆی بانگکرد و پێی گوت: «کوڕی خۆم.»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «ئەوەتام.»

٢ئیسحاق گوتی: «ئەوا پیر بووم و ڕۆژی مردنی خۆم نازانم. ٣ئێستاش چەکەکەت، تیردانەکەت و کەوانەکەت هەڵبگرە و بڕۆ بۆ دەشتودەر، نێچیرێکم بۆ ڕاو بکە. ٤ئەو خواردنەی حەزم لێیەتی بۆم ئامادە بکە و بیهێنە تاکو بیخۆم، بۆ ئەوەی بەر لەوەی بمرم داوای بەرەکەتت بۆ بکەم.»

٥ڕڤقە گوێی لێبوو کاتێك ئیسحاق قسەی لەگەڵ عیسۆ دەکرد. ئینجا عیسۆ چوو بۆ دەشتودەر تاکو نێچیرێك ڕاو بکات و بیهێنێتەوە. ٦ڕڤقە لەگەڵ یاقوبی کوڕی قسەی کرد و گوتی: «وا گوێم لە باوکت بوو قسەی لەگەڵ عیسۆی برات دەکرد و گوتی: ٧"نێچیرێکم بۆ بهێنە و خواردنم بۆ ئامادە بکە، بەر لە مردنم دەیخۆم و لەبەردەم یەزدان داوای بەرەکەتت بۆ دەکەم." ٨ئێستاش، کوڕی خۆم، گوێم لێ بگرە، لەوەی من فەرمانت پێدەدەم: ٩بڕۆ لەلای مێگەلەکە دوو گیسکی ناسکم بۆ بهێنە، هەتا لێیان بنێم بۆ باوکت، وەك ئەوەی حەزی لێیەتی. ١٠ئینجا بۆ باوکتی دەبەیت و دەیخوات، بۆ ئەوەی بەر لە مردنی داوای بەرەکەتت بۆ بکات.»

١١یاقوبیش بە ڕڤقەی دایکی گوت: «بەڵام عیسۆی برام پیاوێکی تووکنە و منیش پیاوێکی کۆسەم. ١٢ڕەنگە باوکم دەستم لێ بدات؟ خۆ لەبەرچاوی دەبمە فێڵباز و ئیتر نەفرەت بەسەر خۆمدا دەهێنم، نەك بەرەکەت.»

١٣دایکیشی پێی گوت: «کوڕی خۆم، با

نەفرەتەکەت لە من بکەوێت. تەنها گوێ لە من بگرە و بڕۆ بیانهێنە بۆم.»

[١٤] ئیتر ئەویش چوو کاریلەکانی گرت و هێنانی بۆ دایکی. دایکیشی خواردنی دروستکرد، وەك ئەوەی باوکی حەزی لێ دەکرد. [١٥] ئینجا ڕفقە جلوبەرگە باشەکەی عیسۆی کوڕە گەورەی هێنا، کە لە ماڵەوە لەلای خۆی بوو، لەبەر یاقوبی کوڕە بچووکی کرد. [١٦] دەستەکانی و ئەو بەشەی ملی کە لووسە بە پێستی گیسکەکان داپۆشی. [١٧] ئینجا خواردنەکە و نانەکەی دروستی کردبوون دایە دەست یاقوبی کوڕی.

[١٨] یاقوب هاتە لای باوکی و گوتی: «باوکە.»

ئەویش گوتی: «ئەوەتام، تۆ کێیت کوڕم؟»

[١٩] یاقوبیش بە باوکی گوت: «من عیسۆی نۆبەرەتم. ئەوەی پێت گوتم کردم. هەستە، دابنیشە و لە ڕاوەکەم بخۆ، بۆ ئەوەی داوای بەرەکەتم بۆ بکەیت.»

[٢٠] ئیسحاقیش بە کوڕەکەی گوت: «ئەوە چۆن وا خێرا پەیدات کرد، کوڕی خۆم؟»

ئەویش گوتی: «یەزدانی پەروەردگارت بۆی هێنام.»

[٢١] ئینجا ئیسحاق بە یاقوبی گوت: «وەرە پێشەوە با دەستت لێ بدەم، کوڕی خۆم، بۆ ئەوەی بزانم ئایا تۆ عیسۆی کوڕی منیت یان نا.»

[٢٢] یاقوبیش لە ئیسحاقی باوکی چووە پێشەوە، ئەویش دەستی لێدا و گوتی: «دەنگەکە دەنگی یاقوبە، بەڵام دەستەکان دەستی عیسۆن.» [٢٣] ئیتر نەیناسییەوە، چونکە دەستەکانی وەك دەستەکانی عیسۆی برای تووکن بوون، ئەویش داوای بەرەکەتی بۆ کرد. [٢٤] پێی گوت: «ئایا تۆ عیسۆی کوڕی منی؟»

ئەویش گوتی: «منم.»

[٢٥] ئینجا گوتی: «بیهێنە پێشم با لە ڕاوی کوڕەکەم بخۆم، بۆ ئەوەی داوای بەرەکەتت بۆ بکەم.»

ئیتر یاقوب هێنایە پێشی و خواردی، شەرابی بۆ هێنا و خواردیەوە. [٢٦] ئیسحاقی باوکی پێی گوت: «وەرە پێشەوە و ماچم بکە، کوڕی خۆم.»

[٢٧] ئەویش چووە پێشەوە و ماچی کرد. ئیتر ئیسحاق بۆنی جلەکانی کرد، داوای بەرەکەتی بۆ کرد و گوتی:

«بڕوانە، بۆنی کوڕەکەم
وەك بۆنی دەشتودەرە
کە یەزدان بەرەکەتداری کردووە.
[٢٨] با خودا لە شەونمی ئاسمان و
لە چەوری زەویت بداتێ،
هەروەها دانەوێڵەی زۆر و شەرابی نوێ.
[٢٩] با گەلان بینە خزمەتکارت،
نەتەوەکانیش کڕنۆشت بۆ ببەن.
ببە بە سەروەری براکانت،
کوڕانی دایکت کڕنۆشت بۆ ببەن.
با نەفرەت لێکەرانت نەفرەت لێکراو بن و
ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن
بەرەکەتدار دەبن.»

[٣٠] پاش ئەوەی ئیسحاق لە داواکردنی بەرەکەت بووەوە بۆ یاقوب، یاقوب لەلای ئیسحاقی باوکی چووە دەرەوە، عیسۆی برای لە ڕاوەکەی هاتەوە. [٣١] ئەویش خواردنی ئامادە کرد و بۆ باوکی بردە ژوورەوە، بە باوکی گوت: «باوکە، هەستە لە ڕاوی کوڕەکەت بخۆ، تاکو داوای بەرەکەتم بۆ بکەیت.»

[٣٢] ئیسحاقی باوکیشی پێی گوت: «تۆ کێیت؟»

ئەویش گوتی: «من کوڕە نۆبەرەکەی خۆتم، عیسۆ.» [٣٣] ئیتر ئیسحاق لەرزینێکی زۆر توند لەرزی و گوتی: «ئەی کێ بوو ئەوەی کە نێچیرێکی ڕاوکردبوو و بۆی هێنام؟ منیش لە هەموویم خوارد، پێش ئەوەی تۆ بێیت داوای بەرەکەتیشم بۆ کرد، هەروەها بەرەکەتداریش دەبێت.»

[٣٤] عیسۆ کە قسەکانی باوکی بیست هاواری کرد، هاوارێکی بەرز و زۆر خەمبار، بە باوکی گوت: «باوکە، دە داوای بەرەکەت بۆ منیش بکە!»

[٣٥] بەڵام ئیسحاق گوتی: «ئاخر براکەت بە فێڵبازی هات و بەرەکەتی تۆی برد.»

[٣٦] عیسۆ گوتی: «ئایا لە جێی خۆیدا نییە کە

ناونراوە ”یاقوب“[a]؟ ئەوە دوو جارە فێڵم لێ دەکات، نۆبەرایەتییەکەی منی برد، وا ئێستاش بەرەکەتەکەی منی برد.» ئینجا گوتی: «ئەی هیچ بەرەکەتێکت بۆ من نەهێشتووەتەوە؟»

[٣٧]ئیسحاق وەڵامی دایەوە و بە عیسۆی گوت: «وا ئەوم کردووە بە سەروەری تۆ و هەموو کەسوکاریشیم داوەتێ بۆ ئەوەی ببنە خزمەتکاری ئەو، بە دانەوێڵە و شەرابی نوێ پشتگیریم کردووە. ئیتر بۆ تۆ چی بکەم، کوڕم؟»

[٣٨]عیسۆش بە باوکی گوت: «ئایا تەنها یەك بەرەکەتت هەیە؟ هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکە باوکە.» ئیتر عیسۆ دەنگی هەڵبڕی و گریا.

[٣٩]ئیسحاقی باوکی وەڵامی دایەوە:

«نشینگەکەت دوور لە دەوڵەمەندی زەوییەوە
دەبێت،
دوور لە شەونمی ئاسمان لە سەرەوە.
[٤٠]لەسەر شمشێرەکەت دەژیت و
دەبیتە خزمەتکاری براکەت.
بەڵام کاتێك سەرکێش بوویت،
نیرەکەی[b] دەشکێنیت کە بە ملتەوەیە.»

## ڕاکردنی یاقوب بۆ لای لابان

[٤١]ئیتر عیسۆ ڕقی لە یاقوب هەڵگرت، بەهۆی ئەو بەرەکەتدارییەی کە باوکی داوای بەرەکەتی بۆ کردبوو. عیسۆ لە دڵی خۆیدا گوتی: «ڕۆژانی پرسەی باوکم نزیکە، ئینجا یاقوبی برام دەکوژم.»

[٤٢]ڕڤقەش لەم قسانەی عیسۆی کوڕە گەورەی ئاگادار کرایەوە، ئیتر ناردی بەدوای یاقوبی کوڕە بچووکیدا و پێی گوت: «عیسۆی برات وا دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە کە تۆ دەکوژێت. [٤٣]ئێستاش کوڕی خۆم، گوێ لە قسەی من بگرە و ڕابکە بۆ لای لابانی برام لە حەڕان. [٤٤]بۆ ماوەیەك لەلای ئەو بمێنەوە هەتا ڕقی براکەت هێور دەبێتەوە. [٤٥]کاتێکیش تووڕەیی براکەت بەرامبەر بە تۆ هێور دەبێتەوە و ئەوەی لەبیر کرد کە پێت کردووە، ئەوا دەنێرم و لەوێ دەتهێنمەوە. ئیتر بۆ بە یەك ڕۆژ هەردووکتانم لەکیس بچێت؟»

[٤٦]ئینجا ڕڤقە بە ئیسحاقی گوت: «لەبەر کچانی حیتییەکان لە ژیانی خۆم بێزارم، خۆ ئەگەر یاقوبیش ژنێکی وەك ئەمانە لە کچانی حیتییەکانی ئەم خاکە بهێنێت، ئیتر ژیانم بۆ چییە؟»

٢٨ ئیسحاق یاقوبی بانگکرد و داوای بەرەکەتی بۆ کرد، فەرمانی پێدا و پێی گوت: «لەگەڵ کچی کەنعانییەکان هاوسەرگیری مەکە. [٢]هەستە بڕۆ بۆ پەدان ئارام[c] بۆ ماڵی بتوئێلی باوکی دایکت، لەوێ لە کچەکانی لابانی برای دایکت ژنێك بۆ خۆت بخوازە. [٣]با خودای هەرە بە توانا بەرەکەتدار و بەردار و زۆرت بکات، هەتا ببیتە کۆمەڵێك گەل. [٤]بەرەکەتی ئیبراهیمت دەداتێ[d]، بۆ خۆت و نەوەکەت لەگەڵتدا، لەو زەوییەی ئێستا ئاوارەیت دەبیتە میراتگری، ئەوەی خودا دایە ئیبراهیم.» [٥]ئیتر ئیسحاق یاقوبی نارد، ئەویش چوو بۆ پەدان ئارام بۆ لای لابانی کوڕی بتوئێلی ئارامی، برای ڕڤقەی دایکی یاقوب و عیسۆ.

[٦]عیسۆش بینی ئیسحاق داوای بەرەکەتی بۆ یاقوب کرد و ناردییە پەدان ئارام هەتا لەوێ ژنێك بهێنێت، کاتێك داوای بەرەکەتی بۆ کرد و فەرمانی پێدا، پێی گوت: «لە کچانی کەنعان ژن نەخوازیت.» [٧]یاقوبیش گوێڕایەڵی دایك و باوکی بوو، چوو بۆ پەدان ئارام. [٨]عیسۆ بینی کە لەپێش چاوی ئیسحاقی باوکی، کچانی کەنعانیان بەدکردەوەن. [٩]ئینجا چوو بۆ لای ئیسماعیل و ماحەلەتی خوشکی نەبایۆتی کچی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خواست، بەسەر ژنەکانی دیکەیدا.

[a] ٣٦ یاقوب واتە پاژنە دەگرێت، واتایەکی مەجازییە واتا هەڵدەخەڵەتێنێت. بڕوانە ٢٥:٢٦.
[b] ٤٠ مەبەستی لە بارگرانییە.
[c] ٢ واتە باکووری ڕۆژئاوایی میسۆپۆتامیا.
[d] ٤ مەبەست ئەو بەرەکەتەیە کە خودا دابوویە ئیبراهیم.

## خەونی یاقوب لە بێتئێل

١٠یاقوب بیری شابەعی بەجێهێشت و بەرەو حەڕان ڕۆیشت. ١١ئیتر ڕێی کەوتە شوێنێك و لەوێ مایەوە، چونکە خۆر ئاوابوو. بەردێکیشی لە بەردەکانی ئەو شوێنە هێنا و خستییە ژێر سەری، لەو شوێنەدا ڕاکشا. ١٢خەونێکی بینی، لەم خەونە پێپلیکانەیەك لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات. بینی فریشتەکانی خوداش پێیدا سەردەکەون و دێنە خوارەوە. ١٣وا یەزدان وەستاوە و دەفەرموێت: «من یەزدانم، خودای ئیبراهیمی باوکت و خودای ئیسحاق. ئەو زەوییەی لەسەری ڕاکشاویت دەیدەمە خۆت و نەوەکەت. ١٤نەوەکەت وەك خۆڵی زەوی دەبێت، بەرەو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور بڵاو دەبیتەوە. هەموو هۆزەکانی زەویش لە ڕێگەی تۆ و نەوەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن. ١٥من لەگەڵتدام و بۆ هەر لایەك بچیت دەتپارێزم، دەشتگەڕێنمەوە بۆ ئەم خاکە، چونکە وازت لێ ناهێنم هەتا ئەوە ئەنجام نەدەم کە پێم فەرموویت.»

١٦یاقوب لە خەونەکەی بەئاگا هات، گوتی: «بێگومان یەزدان لەم شوێنەیە، منیش نەمزانی!» ١٧ترسیش دایگرت و گوتی: «ئەم شوێنە چەند ترسناکە! ئەمە هیچی دیکە نییە ماڵی خودا نەبێت، ئەمەش دەروازەی ئاسمانە.»

١٨یاقوب بەیانی زوو لە خەو هەستا و ئەو بەردەی هێنا کە لەژێر سەری خۆی دانابوو بە ستوونی ڕاگیری کرد و زەیتی بەسەردا کرد. ١٩ئەو شوێنەشی ناونا بێتئێل[a]. بەڵام پێشتر شارەکە ناوی لوز بوو. ٢٠یاقوب نەزرێکیشی نەزر کرد[b] و گوتی: «ئەگەر خودا لەگەڵ من بێت و لەم ڕێگایە بمپارێزێت کە پێیدا دەڕۆم و نانی دامێ بیخۆم و جلوبەرگیش بیپۆشم، ٢١بە سەلامەتیش گەڕامەوە لای ماڵی باوکم،

[a] ١٩ واتە ماڵی خودا. بڕوانە ١٢:٨.

[b] ٢٠ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

ئەوا یەزدان دەبێتە خودای من. ٢٢ئەم بەردەش کە بە ستوونی ڕاگیرم کردووە، دەبێتە ماڵی خودا[c] و هەرچییەکیشم پێ ببەخشیت ئەوا دەیەکی لێ دەبەخشم.»

## گەیشتنی یاقوب بۆ پەدان ئارام

٢٩ ئینجا یاقوب پێی هەڵگرت و بەرەو خاکی گەلانی ڕۆژهەڵات ڕۆیشت. ٢بینی وا بیرێك لە دەشتودەرەکە هەیە و سێ ڕانە مەڕ لەوێ ڕاکشاون، چونکە شوانەکان لەو بیرەوە مەڕەکانیان ئاو دەدا. بەردێکی گەورەش لەسەر دەمی بیرەکە بوو. ٣کاتێك هەموو مێگەلەکان لەوێ کۆدەبوونەوە، شوانەکان بەردی سەر دەمی بیرەکەیان گلۆر دەکردەوە و مەڕەکانیان ئاو دەدا. پاشان بەردەکەیان دەگەڕاندەوە سەر دەمی بیرەکە، بۆ شوێنی خۆی.

٤یاقوب بانگی کردن: «برایان، ئێوە خەڵکی کوێن؟»

ئەوانیش گوتیان: «ئێمە خەڵکی حەڕانین.»

٥پێی گوتن: «لابانی کوڕەزای ناحۆر دەناسن؟»

گوتیان: «دەیناسین.»

٦ئینجا یاقوب گوتی: «خۆ سەلامەتە؟»

گوتیان: «بەڵێ سەلامەتە، ئەوەش ڕاحێلی کچییەتی مەڕەکان بەرەو ئێرە دێنێت.»

٧گوتی: «وا هێشتا ڕۆژ زۆری ماوە، کاتی کۆکردنەوەی مەڕەکان نییە. مەڕەکان ئاو بدەن و بڕۆنەوە بیانلەوەڕێنن.»

٨ئەوانیش گوتیان: «ناتوانین، هەتا هەموو مەڕەکان کۆنەبنەوە و بەردی سەر دەمی بیرەکە تل نەدرێت. ئەو کاتە مەڕەکان ئاو دەدرێن.»

٩هێشتا خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیان، ڕاحێل هات و مەڕەکانی باوکیشی لەگەڵ بوو، چونکە ڕاحێل شوان بوو. ١٠کاتێك یاقوب ڕاحێلی کچی لابانی خاڵی و مەڕەکانی لابانی خاڵی بینی، یاقوب چووە پێشەوە و تلی دا بە بەردی سەر بیرەکە و مەڕەکانی لابانی خاڵی ئاو دا. ١١یاقوب ڕاحێلی ماچکرد و دەنگی

[c] ٢٢ شوێنی خواپەرستی.

بەرزکردەوە و گریا. [١٢]ئیتر یاقوب لە ڕاحێلی گەیاند کە ئەو کەسی باوکییەتی و کوڕی ڕڤقەیە. ئەویش ڕایکرد و بە باوکی ڕاگەیاند.

[١٣]هەر کە لابان ئەم هەواڵەی یاقوبی خوشکەزای بیست، بە ڕاکردن چوو بۆ دیدەنی. باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد و هێنایە ماڵەکەی خۆی. جا هەموو ئەم شتانەی بۆ لابان باسکرد. [١٤]لابانیش پێی گوت: «تۆ لە گۆشت و خوێنی منیت.»

## هاوسەرگیری یاقوب لەگەڵ لێئە و ڕاحێل

لەدوای ئەوەی یاقوب مانگێك لەلای مایەوە، [١٥]لابان پێی گوت: «هەر لەبەر ئەوەی کەسی خۆمیت، ئایا ئیتر بەخۆڕایی کارم بۆ دەکەیت؟ پێم بڵێ ئاخۆ کرێیەکەت چی بێت؟»

[١٦]لابان دوو کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی لێئە بوو، بچووکەکەشیان ناوی ڕاحێل بوو. [١٧]چاوەکانی لێئە کز بوون، بەڵام ڕاحێل ناسك و جوان بوو. [١٨]یاقوب ڕاحێلی خۆشدەویست، گوتی: «حەوت ساڵ کارت بۆ دەکەم بەرامبەر ڕاحێلی کچە بچووکەکەت.»

[١٩]لابانیش گوتی: «بیدەمە تۆ باشترە لەوەی بیدەمە پیاوێکی دیکە. لێرە لەلای خۆم بمێنەوە.» [٢٠]ئیتر یاقوب لەبەر ڕاحێل حەوت ساڵ کاری کرد، بەڵام لەلای ئەو وەك چەند ڕۆژێکی کەم وابوو، لەبەر خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بە ڕاحێل.

[٢١]ئینجا یاقوب بە لابانی گوت: «ژنەکەم بدەرێ، چونکە ماوەی خۆم تەواو بوو، دەشمەوێت بیگوازمەوە.»

[٢٢]لابانیش خەڵکی شوێنەکەی کۆکردەوە و ئاهەنگێکی ساز کرد. [٢٣]بەڵام کاتێك ئێوارە داهات، پەلی لێئەی کچی گرت و هێنای بۆ یاقوب. ئەویش لەگەڵی نوست. [٢٤]هەروەها لابان زیلپەی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی لێئەی کچی.

[٢٥]کە ڕۆژ بووەوە، لێئە لەوێ بوو! یاقوبیش بە لابانی گوت: «ئەمە چییە بە منت کرد؟ مەگەر بۆ ڕاحێل نەبوو کە کارم بۆ کردیت؟ ئەی بۆچی فێڵت لێکردم؟»

[٢٦]لابانیش گوتی: «ئەوە دابونەریتی ئێمە نییە، لێرە کچە بچووکەکە پێش گەورەکە بە شوو بدەین. [٢٧]هەفتەی بووکێنی ئەم تەواو بکە، ئەوی دیکەشیانت دەدەینێ بەرامبەر بە حەوت ساڵی دیکەی کار، کە بۆ منی دەکەیت.»

[٢٨]یاقوبیش بەم جۆرەی کرد. حەوت ڕۆژەکەی لەگەڵ لێئە تەواو کرد، لابانیش ڕاحێلی کچی پێدا هەتا ببێتە ژنی. [٢٩]هەروەها لابان بیلهەی کەنیزەی خۆی کردە کەنیزەی ڕاحێلی کچی. [٣٠]یاقوب لەگەڵ ڕاحێلیش نوست، ئەو ڕاحێلی لە لێئە زیاتر خۆشدەویست. حەوت ساڵی دیکەش کاری بۆ لابان کرد.

## منداڵەکانی یاقوب

[٣١]یەزدان بینی کە لێئە خۆشەویست نییە، ئیتر منداڵدانی کردەوە. بەڵام ڕاحێل نەزۆك بوو. [٣٢]لێئە سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو ناوی لێنا ڕەئوبێن[a]، لەبەر ئەوەی گوتی: «یەزدان نەگبەتی منی بەدی کردووە، بێگومان ئێستا مێردەکەم منی خۆشدەوێ.»

[٣٣]دیسان سکی پڕ بوو، کوڕێکی دیکەی بوو، گوتی: «یەزدان بیستوویەتی خۆشەویست نیم. ئیتر ئەمەشی دامێ.» ناوی لێنا شیمۆن.

[٣٤]جارێکی دیکەش سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو، گوتی: «وا ئەم جارە ئیتر مێردەکەم پێمەوە پەیوەست دەبێت، چونکە سێ کوڕم بۆی بووە.» لەبەر ئەوە ناوی لێنا لێڤی[b].

[٣٥]دیسان سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو، گوتی: «ئەم جارە ستایشی یەزدان دەکەم.» لەبەر ئەوە ناوی لێنا یەهودا[c]. ئیتر لە سککردن وەستا.

**٣٠** کاتێك ڕاحێل بینی هیچ منداڵێکی بۆ یاقوب نەبوو، بەغیلی بە خوشکەکەی

[a] ٣٢ ڕەئوبێن لە دەربڕینی «ئەوەتا، کوڕێك!» لە زمانی عیبری نزیکە.

[b] ٣٤ وشەی لێڤی لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی (پەیوەست)ی عیبری نزیکە.

[c] ٣٥ وشەی یەهودا لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی (ستایش)ی عیبری نزیکە.

خۆی برد، بە یاقوبی گوت: «منداڵم پێبدە، ئەگینا دەمرم!»

٢ تووڕەیی یاقوب لە ڕاحێل جۆشا، گوتی: «ئایا من لە جێی خودام کە لە بەرهەمی سک بێبەشی کردوویت؟»

٣ ئەویش گوتی: «ئەوەتا بیلهەی کەنیزەم. لەگەڵی بنوو هەتا لەسەر چۆکم منداڵی ببێت، ئیتر لەوەوە منیش کوڕم دەبێت.»

٤ جا بیلهەی کەنیزەی خۆی دایێ هەتا ببێتە ژنی. یاقوبیش لەگەڵی نوست. ٥ بیلهەش سکی پڕ بوو، کوڕێکی بۆ یاقوب بوو. ٦ ڕاحێل گوتی: «خودا پشتگیری لێکردم و گوێی لە داواکەم گرت، هەروەها گوێی لە دەنگم بوو، کوڕێکی دامێ.» لەبەر ئەوە ناوی لێنا دان[a].

٧ دیسان بیلهە، کەنیزەکەی ڕاحێل سکی کرد و کوڕی دووەمی بۆ یاقوب بوو. ٨ ئینجا ڕاحێل گوتی: «بە زۆرانبازی خودا، زۆرانبازیم لەگەڵ خوشکەکەم کرد و بردیشمەوە.» لەبەر ئەوە ناوی لێنا نەفتالی.

٩ کاتێک لێئە بینی وا لە سککردن وەستاوە، پەلی زیلپەی کەنیزەکەی خۆی گرت و دایە یاقوب هەتا ببێتە ژنی. ١٠ زیلپەی کەنیزەی لێئە کوڕێکی بۆ یاقوب بوو. ١١ لێئە گوتی: «بە بەختەوەری!» ئیتر ناوی لێنا گاد.

١٢ زیلپەی کەنیزەی لێئە کوڕی دووەمی بۆ یاقوب بوو. ١٣ لێئەش گوتی: «بە خۆزگە پێخوازراویم! چونکە کچان خۆزگەم پێ دەخوازن.» ئیتر ناوی لێنا ئاشێر[b].

١٤ لە ڕۆژانی دروێنەی گەنمدا، ڕەئوبێن چوو هەندێک گیائادەمەی[c] لە کێڵگە بینییەوە و بۆ لێئەی دایکی هێنایەوە. ڕاحێلیش بە لێئەی گوت: «هەندێک لە گیائادەمەی کوڕەکەتم بدەرێ.»

١٥ بەڵام لێئە گوتی: «بە لاتەوە کەمە مێردەکەت بردووم؟ گیائادەمەی کوڕەکەشم دەبەیت؟»

ڕاحێلیش گوتی: «دەی باشە با لە جیاتی گیائادەمەی کوڕەکەت ئەمشەو لەگەڵ تۆ بنووێت.»

١٦ کاتێک یاقوب دەمەو ئێوارە لە کێڵگە گەڕایەوە، لێئە بۆ پێشوازیکردنی چووە دەرەوە و گوتی: «دێیتە لای خۆم، چونکە بە گیائادەمەی کوڕەکەم بە کرێم گرتوویت.» ئەویش ئەو شەوە لەگەڵی نوست.

١٧ خودا گوێی لە لێئە بوو، ئیتر سکی پڕ بوو، کوڕی پێنجەمی بۆ یاقوب بوو. ١٨ ئینجا لێئە گوتی: «خودا پاداشتی ئەوەی دامەوە کە کەنیزەکەی خۆمم دایە پیاوەکەم.» ئیتر ناوی لێنا یەساخار[d].

١٩ دیسان لێئە سکی کرد و کوڕی شەشەمینی بۆ یاقوب بوو. ٢٠ ئینجا لێئە گوتی: «خودا بە خەڵاتێکی باش خەڵاتی کردم. ئێستا مێردەکەم گوزەرانم لەگەڵ دەکات، چونکە شەش کوڕم بۆی بوو.» ناوی لە کوڕەکەش نا زەبولون.

٢١ دوای ئەمە کچێکیشی بوو، ناوی لێنا دینە.

٢٢ خودا ڕاحێلی هاتەوە یاد[e]، خودا گوێی لە دەنگی بوو، منداڵدانی کردەوە. ٢٣ ئیتر سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو، گوتی: «خودا سووکایەتییەکەی لەسەر لابردم.» ٢٤ ناوی لێنا یوسف، چونکە گوتی: «یەزدان کوڕێکی دیکەشم بۆ زیاد دەکات.»

## مەڕی یاقوب زۆر دەبێت

٢٥ لەدوای ئەوەی ڕاحێل یوسفی بوو، یاقوب بە لابانی گوت: «بمنێرەوە و دەگەڕێمەوە شوێن و زەوی خۆم. ٢٦ ژنەکانم و منداڵەکانیشم بدە دەستم کە لە پێناویاندا خزمەتم کردوویت، ئیتر دەڕۆم. خۆشت دەزانیت ئەو خزمەتەی خزمەتم کردوویت.»

٢٧ بەڵام لابان پێی گوت: «خۆزگە پەسەند دەبووم لەبەرچاوت. فاڵم گرتووەتەوە کە یەزدان لەبەر تۆ بەرەکەتداری کردووم.» ٢٨ ئینجا گوتی: «کرێی خۆتم بۆ دیاری بکە تاکو پێت بدەم.»

٢٩ یاقوبیش پێی گوت: «تۆ خۆت دەزانیت چەند خزمەتم کردوویت و مەڕوماڵاتەکەت لەلای من

---

[a] ٦ دان لە عیبری بە واتای پشتگیری یان ئەستۆپاکی دێت لەلایەن دادوەرەوە.

[b] ١٣ ئاشێر لە عیبری بە واتای شاد دێت.

[c] ١٤ گیائادەمە: جۆرە ڕووەکێکە، وایاندەزانی یارمەتیت دەدات بۆ سکپڕبوون.

[d] ١٨ یەساخار لە وشەی (پاداشت) لە زمانی عیبری نزیکە.

[e] ٢٢ بڕوانە ١:٨.

چۆن بووە، ٣٠چونکە پێش هاتنی من ئەوەی هەتبوو کەم بوو، دوای هاتنم زۆر پەرەی سەند و یەزدانیش بەرەکەتداری کردیت. بەڵام ئێستا کەی کار بۆ ماڵەکەی خۆشم بکەم؟»

٣١ئەویش گوتی: «چیت بدەمێ؟»

یاقوبیش گوتی: «هیچم مەدەرێ، بەڵام ئەگەر تەنها ئەم کارەم لەگەڵ بکەیت، ئەوا سەرلەنوێ شوانی و پاسەوانی مەڕەکانت دەکەم. ٣٢ئەمڕۆ لێمگەڕێ بەناو هەموو مێگەلەکانتدا تێپەڕم، هەرچی مەڕ و بزنی خاڵدار و بەڵەك و هەرچی بەرخی ڕەش لەناویاندا هەیە جیای دەکەمەوە. ئەوانە کرێیەکەی من دەبن. ٣٣سبەینێش ڕاستودروستی من دەسەلمێنێت، کاتێك بۆ کرێیەکەم دێمە پێشت، هەرچی خاڵدار و بەڵەك نەبێت لەناو بزنەکان و ڕەش نەبێت لەناو بەرخەکان، لەلای من بە دزراو دادەنرێت.»

٣٤لابانیش گوتی: «باشە، تۆ چۆن دەڵێیت، با وابێت.» ٣٥هەر هەمان ڕۆژ هەموو تەگە[a] خەتدار و بەڵەکەکان و هەموو بزنە خاڵدار و بەڵەکەکانی جیا کردەوە، هەموو ئەوانەی سپێتییان تێدا هەبوو، لەگەڵ هەموو ڕەشەکان لەنێوان بەرخەکان دایە دەست کوڕەکانی. ٣٦ئینجا ماوەی سێ ڕۆژە ڕێی خستە نێوان خۆی و یاقوبەوە، یاقوبیش شوانی پاشماوەی مەڕەکانی لابانی دەکرد.

٣٧یاقوب چڵی سەوزی لە دار بی و بادەم و چناری هێنا و خەتی سپی لەسەر کێشان، بە پاککردنەوەی توێکڵەکانیان لە شوێنی هێڵەکان و دەرخستنی سپێتییەکەی ژێریان. ٣٨ئینجا چڵە پاککراوەکانی لەناو ئاخوڕەکانی ئاو خواردنەوە ڕاگرت، کە مەڕەکان بۆ ئاو خواردنەوە بۆی دەهاتن، بەرامبەر بە مەڕەکان، هەتا لە کاتی هاتنیان بۆ ئاو خواردنەوە بەتەگەبێن. ٣٩جا مەڕەکان لەلای چڵەکان پەڕین و مەڕەکان بەچکەی خەتدار و خاڵدار و بەڵەکیان بوو. ٤٠ئینجا یاقوب بەرخەکانی جیا کردەوە، بەڵام ڕووی مەڕەکانی لە خەتدارەکان و ڕەشەکان کرد لە مەڕەکانی لابان. بەم شێوە بۆ خۆی مێگەلی دانا و لەگەڵ مەڕەکانی لابان داینەنان. ٤١ئەوە بوو هەر کاتێك مەڕە بەهێزەکان بە تەگە دەهاتن، یاقوب لەپێش چاویان چڵەکانی لەناو حەوزەکان دادەنا بۆ ئەوەی لەناو چڵەکان جووت ببن. ٤٢بەڵام کاتێك مەڕەکان لاواز دەبوون داینەدەنان، جا لاوازەکان بۆ لابان بوون و بەهێزەکانیش بۆ یاقوب. ٤٣ئینجا پیاوەکە زۆر بەرفراوان بوو، ئیتر مەڕی زۆری هەبوو، لەگەڵ کەنیزە و خزمەتکار و وشتر و گوێدرێژ.

## ڕاکردنی یاقوب لەلای لابان

٣١ یاقوب گوێی لە قسەکانی کوڕەکانی لابان بوو کە گوتبوویان، «هەموو ئەوەی هی باوکمان بوو، یاقوب بردی، لەوەی هی باوکمان بوو هەموو ئەم سامانەی دروستکرد.» ٢هەروەها یاقوب سەیری لابانی کرد و بینی کە بەرامبەری گۆڕاوە و وەك جاران نەماوە.

٣یەزدان بە یاقوبی فەرموو: «بگەڕێوە بۆ خاکی باوکانت و بۆ لای کەسوکارەکەت، منیش لەگەڵت دەبم.»

٤یاقوبیش بەدوای ڕاحێل و لێئەدا ناردی بێنە لای لەو لەوەڕگایەی مەڕوماڵاتەکەی لێیە. ٥پێی گوتن: «دەبینم باوکتان بەرامبەر بە من گۆڕاوە و وەك جاران نەماوە، بەڵام خودای باوکم لەگەڵ من بووە. ٦خۆتان دەزانن کە من بە هەموو توانامەوە خزمەتی باوکتانم کردووە، ٧کەچی باوکتان هەڵیخەڵەتاندم و دە جار کرێیەکەی منی گۆڕی. بەڵام خودا ڕێی پێنەدا کە خراپەم لەگەڵ بکات. ٨کاتێك دەیگوت: "بزنە خاڵدارەکان کرێی تۆ دەبن،" ئەوا هەموو بزنەکان کاریلەی خاڵداریان دەبوو. بەڵام کاتێك ڕای خۆی دەگۆڕی و دەیگوت: "بزنە خەتدارەکان کرێی تۆ دەبن،" ئەوا هەموو بزنەکان کاریلەی خەتداریان دەبوو. ٩خودا مەڕوماڵاتی باوکتانی برد و دایە من.

١٠«لە کاتی پەڕینی ئاژەڵ، چاوم هەڵبڕی و لە خەوندا بینیم، وا تەگەکان کە لەگەڵ بزنەکان دەپەڕن خەتدار و خاڵدار و بەڵەکن. ١١فریشتەی خوداش لە خەونەکە پێی فەرمووم: "یاقوب." منیش

[a] ٣٥ نێری، سابرێن.

گوتم: ”ئەوەتام.“ [١٢]ئەویش فەرمووی: ”چاو هەڵبڕە و بڕوانە، وا هەموو ئەو تەگانەی لەگەڵ بزنەکان جووت دەبن خەتدار و خاڵدار و بەڵەکن. هەموو ئەوەم بینیوە کە لابان بە تۆی کردووە. [١٣]من خودای بێتئێلم، ئەو شوێنەی تێیدا بەردێکت بە ستوونی ڕاگیر کرد و زەیتت بەسەریدا کرد، لەوێ نەزرت بۆ کردم. ئێستاش هەستە و لەم خاکە بڕۆ دەرەوە و بگەڕێوە بۆ خاکی لەدایکبوونەکەت.“»

[١٤]ئینجا ڕاحێل و لێئە وەڵامیان دایەوە و پێیان گوت: «ئایا لە ماڵی باوکمان بەش و میراتمان هەیە؟ [١٥]مەگەر لای ئەو بە بێگانە دانەنراوین؟ چونکە ئێمەی فرۆشت و ئەو نرخەی پێشمان درابوو خواردی. [١٦]هەموو ئەو سامانەی خودا لە باوکمانی برد بۆ ئێمە و منداڵەکانمانە. ئێستاش هەرچی خودا پێی فەرموویت بیکە.»

[١٧]ئیتر یاقوب هەستا و منداڵەکانی و ژنەکانی سواری وشترەکان کرد. [١٨]هەموو مەڕوماڵات و ئەو دەستکەوتانەی دەستی کەوتبوو دایە پێش خۆی، ئەوەی هەیبوو و لە پەدان ئارام پەیدای کردبوو، بۆ لای ئیسحاقی باوکی چوو لە خاکی کەنعان.

[١٩]لابان بۆ بڕینەوەی مەڕەکانی چووبوو، ڕاحێلیش بتەکانی[a] باوکی دزی. [٢٠]هەروەها یاقوبیش لابانی ئارامی هەڵخەڵەتاند، چونکە پێی ڕانەگەیاند کە ڕادەکات. [٢١]ئیتر بە هەموو ئەو شتانەوە کە هەیبوو هەڵات، لە ڕووباری فورات پەڕییەوە و ڕووی کردە ناوچە شاخاوییەکانی گلعاد.

## لابان دوای یاقوب دەکەوێت

[٢٢]ڕۆژی سێیەم بە لابان ڕاگەیەنرا کە یاقوب هەڵاتووە. [٢٣]ئەویش پیاوەکانی لەگەڵ خۆی برد و بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ دوای کەوت، هەتا لە ناوچە شاخاوییەکانی گلعاد پێی گەیشتەوە. [٢٤]خودا لە شەودا هاتە خەوی لابانی ئارامی و پێی گوت: «وریابە! نە بە چاك و نە بە خراپ هیچ بە یاقوب نەڵێیت.»

[٢٥]کاتێك لابان گەیشتە یاقوب، یاقوب لە چیاکە چادرەکەی هەڵدابوو، لابانیش لەگەڵ پیاوەکانی لە ناوچە شاخاوییەکانی گلعاد چادریان هەڵدا. [٢٦]لابان بە یاقوبی گوت: «ئەمە چییە کردووتە؟ هەڵتخەڵەتاندووم و کچەکانی منیشت وەك ڕاپێچکراو داوەتە پێش خۆت. [٢٧]بۆچی بەدزییەوە ڕات کرد و هەڵتخەڵەتاندم؟ بۆچی ئاگادارت نەکردمەوە بۆ ئەوەی بە شادی و گۆرانییەوە، بە دەف و بە قیسارەوە بەڕێت بکەم؟ [٢٨]تەنانەت بوارت نەدام کوڕ و کچەکانم ماچ بکەم. تۆ ڕەفتارێکی گێلانەت کرد. [٢٩]لە دەسەڵاتمدایە خراپتان پێ بکەم، بەڵام خودای باوکتان دوێنێ پێی گوتم: ”وریابە! نە بە چاك و نە بە خراپ هیچ بە یاقوب نەڵێیت.“ [٣٠]ئێستاش وا ڕۆیشتی، چونکە تامەزرۆی بۆ ماڵی باوکت، بەڵام بۆچی بتەکانی منت دزی؟»

[٣١]یاقوبیش وەڵامی دایەوە و بە لابانی گوت: «چونکە ترسام نەوەك بە زۆرەملێ کچەکانتم لێ بستێنیتەوە. [٣٢]ئەوەش کە بتەکانتی لەلا دەبینیتەوە، نابێت بژیێت. لەبەردەم کەسوکاریشماندا ببینە چی تۆم لەلایە، ببە بۆ خۆت.» بەڵام یاقوب نەیدەزانی کە ڕاحێل دزیویەتی.

[٣٣]ئیتر لابان چووە ناو چادرەکەی یاقوب و چادرەکەی لێئە و چادری هەردوو کەنیزەکەوە، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. ئینجا لە چادرەکەی لێئە هاتە دەرەوە و چووە ناو چادرەکەی ڕاحێل. [٣٤]ڕاحێل بتەکانی بردبوو، خستبوویە ناو کورتانی وشترەکەوە و لەسەریان دانیشتبوو. لابانیش هەموو ناو چادرەکە گەڕا بەڵام هیچی نەدۆزییەوە.

[٣٥]بە باوکی گوت: «گەورەم تووڕە مەبە، ناتوانم لەبەردەمت هەستم، چونکە خوێنلێچوونی ژنان و سووڕی مانگانەم هەیە.» ئەویش پشکنینی خۆی کرد، بەڵام بتەکانی نەدۆزییەوە.

[٣٦]بۆ یاقوب ناخۆش بوو، بەگژ لاباندا چوو، یاقوب بە لابانی گوت: «تاوانم چییە؟ گوناهم چییە، وا گڕت گرت بەدوامدا هاتیت؟ [٣٧]ئەوا هەموو شتەکانم گەڕایت، چ شتێکی ماڵەکەی خۆتت تێدا دۆزییەوە؟

[a] ١٩ عیبری: تەرافیم جۆرێك بت بووە لەناو ماڵ، لە شێوەی مرۆڤدا بووە.

ئا لێرە بیخەرە بەردەم پیاوەکانم و پیاوەکانت، با ئەوان دادوەری نێوان هەردووکمان بکەن.

٣٨«ئەوە بیست ساڵە من لەگەڵ تۆم، نە مەڕەکانت بەریان خست، نە بزنەکانیشت، نە منیش لە بەرانی مێگەلەکەی تۆم خوارد. ٣٩ئەوانەی دەبوونە نێچیری ئاژەڵ بۆم نەدەهێنایتەوە، بەڵکو لەسەر من دەکەوتن. لە منت داوا دەکردەوە، ئەگەر بە ڕۆژ بدزرابوونایە یان بە شەو. ٤٠بە ڕۆژ گەرما دەیخواردم و بە شەویش سەرما. خەویش لە چاوم بڕابوو. ٤١ئەوا بیست ساڵە لە ماڵەکەی تۆم، چواردە ساڵ لەبری دوو کچەکەت خزمەتم بۆ کردیت و شەش ساڵیش لەبری مەڕەکانت، دە جاریش کرێیەکەی منت گۆڕی. ٤٢ئەگەر خوداکەی باوکم، خودای ئیبراهیم و ئەوەی ئیسحاق لێی دەترسا لەگەڵ من نەبووایە، ئەوا ئێستا بە دەستی بەتاڵ بەڕێت دەکردم. بەڵام خودا ڕوانییە ڕەنجکێشیم و ماندووبوونی دەستم، دوێنێ شەو سەرزەنشتی کردیت.»

٤٣لابانیش وەڵامی دایەوە و بە یاقوبی گوت: «کچەکان کچی خۆمن و منداڵەکانیشیان منداڵی خۆمن، مەڕەکانیش مەڕی خۆمە، هەرچییەکیش تۆ دەیبینیت هی منە. بەڵام ئەمڕۆ چی بکەم لە کچەکانم و لەو منداڵانەی بوویانە؟ ٤٤ئێستاش وەرە با من و تۆ پەیمانێك ببەستین، با ببێتە شایەتی لەنێوان من و تۆ.»

٤٥یاقوبیش بەردێکی هێنا و بە ستوونی داینا. ٤٦ئینجا یاقوب بە پیاوەکانی خۆی گوت: «بەرد کۆبکەنەوە.» ئەوانیش بەردیان هێنا و کەڵەکەیان کردن، لەوێ لەسەر کەڵەکە بەردەکە نانیان خوارد. ٤٧لابان ئەوێی ناونا «یەگەر ساهەدوتا»، یاقوبیش ناوی لێنا گەلعید.

٤٨لابان گوتی: «ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە بەردە شایەتی نێوان من و تۆن.» بۆیە ناونرا گەلعید. ٤٩هەروەها ناویش نرا میچپا، چونکە لابان گوتی: «با یەزدان چاودێری نێوان من و تۆ بکات، کاتێك لەبەرچاوی یەکتر ون دەبین. ٥٠ئەگەر بەدڕەفتاری لەگەڵ کچەکانم بکەیت یان ژنیان بەسەربهێنیت، هەرچەندە پیاومان لەگەڵ نییە، بەڵام خودا شایەتی نێوان من و تۆیە.»

٥١هەروەها لابان بە یاقوبی گوت: «تەماشا ئەم کۆمەڵە بەردە و ئەم ستوونە بکە کە لەنێوان خۆم و خۆت دامنا. ٥٢ئەم کەڵەکە بەردە شایەتە و ئەم ستوونەش شایەتییە کە من لەم کەڵەکە بەردە تێناپەڕم بۆ ئەوەی خراپەت لەگەڵ بکەم، تۆش لەم کۆمەڵە بەردە و لەم ستوونە تێناپەڕیت بۆ ئەوەی خراپەم لەگەڵ بکەیت. ٥٣با خودای ئیبراهیم و خودای ناحۆر، خودای باوکیان، دادوەری لەنێوانمان بکەن.»

ئیتر یاقوب بە ناوی ئەم خودایە سوێندی خوارد کە ئیسحاقی باوکی لێ دەترسا. ٥٤ئینجا یاقوب لەو ناوچەی شاخاویدا قوربانی سەربڕی و کەسوکاری بانگهێشت کرد بۆ نانخواردن. ئەوانیش نانیان خوارد و لە کێوەکە شەویان بەسەربرد.

٥٥بۆ سبەی بەیانی لابان زوو لە خەو هەستا و کچەزاکانی و کچەکانی ماچکرد و داوای بەرەکەتی بۆ کردن. ئیتر لابان بەرەو شوێنی خۆی گەڕایەوە.

## خۆئامادەکردنی یاقوب بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ عیسۆ

٣٢ یاقوبیش بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و فریشتەکانی خودا بەرەو پیری هاتن. ٢کاتێك یاقوب ئەوانی بینی، گوتی: «ئەمە لەشکری خودایە.» ئیتر ئەو شوێنەی ناونا مەحەنەیم[a].

٣یاقوب لەپێش خۆیەوە نێردراوی ناردە لای عیسۆی برای بۆ خاکی سێعیر لە وڵاتی ئەدۆم. ٤فەرمانی پێدان و گوتی: «ئاوا بە عیسۆی گەورەم ڕادەگەیەنن، کە یاقوبی خزمەتکارت وا دەڵێت: ”لەلای لابان ئاوارە بووم و هەتا ئێستاش لەلای ئەوم. ٥بووشم بە خاوەنی گا و گوێدرێژ، مەڕ و بزن، خزمەتکار و کەنیزە. ئەوا ناردیشمە لای گەورەی خۆم هەتا پێی ڕابگەیەنم، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی تۆ پەسەند بم.“»

٦نێردراوەکان گەڕانەوە لای یاقوب و گوتیان: «چووینە لای عیسۆی برات، وا ئەویش بەڕێوەیە بۆ دیداریت، چوار سەد پیاویشی لەگەڵدایە.»

٧بەمە یاقوب ترسێکی گەورەی لێ نیشت و پەرێشان بوو. ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون لەگەڵ مەڕ

[a] ٢ مەحەنەیم: واتە (دوو ئۆردوگا).

و مانگا و وشترەکان دابەشی کردن بۆ دوو لەشکر. [٨]گوتی: «ئەگەر عیسۆ هاتە سەر لەشکرێکیان و لێیدا، ئەوا لەشکرەکەی دیکە دەمێنێتەوە بۆ دەربازبوون.»

[٩]ئینجا یاقوب لە خودا پاڕایەوە و گوتی: «ئەی خودای ئیبراهیمی باوکم و خودای ئیسحاقی باوکم، ئەو یەزدانەی کە پێی فەرمووم: ”بگەڕێوە خاکی خۆت و بۆ لای کەسوکارەکەت، باش دەبم لەگەڵت.“ [١٠]من شایستەی هەموو ئەو خۆشەویستییە نەگۆڕە و دڵسۆزییانە نیم کە لەگەڵ خزمەتکاری خۆتت کردووە، چونکە بە خۆم و گۆچانەکەمەوە لەم ڕووباری ئوردونە پەڕیمەوە، بەڵام ئێستاش بووم بە دوو لەشکر. [١١]لە چنگی عیسۆی برام فریام بکەوە، چونکە من لێی دەترسم نەوەك بێت و لێم بدات، لە دایکان و منداڵەکانیان. [١٢]بەڵام تۆ خۆت فەرمووت: ”باش دەبم لەگەڵت و نەوەکەت وەك لمی دەریا لێ دەکەم، کە لەبەر زۆری لە ژماردن نەیێت.“»

[١٣]ئیتر ئەو شەوەی لەوێ بەسەربرد، لەوەشی لەگەڵ دەستی خۆیدا هێنابووی، دیارییەکی بۆ عیسۆی برای هەڵبژارد: [١٤]دوو سەد بزن و بیست تەگە، دوو سەد مەڕ و بیست بەران، [١٥]سی وشتری مێی شیردەر بە بەچکەکانیانەوە، چل مانگا و دە گا لەگەڵ بیست ماکەر و دە نێرەکەر. [١٦]هەموو ئەمانەی مێگەل مێگەل بە جیا دایە دەست خزمەتکارەکانی و پێی گوتن: «پێشم بکەون و بواریش بخەنە نێوان مێگەلەکانەوە.»

[١٧]فەرمانیشی بەوەی یەکەمیان دا و گوتی: «ئەگەر عیسۆی برام پێت گەیشت و لێی پرسیت: ”سەر بە کێیت و بۆ کوێ دەچیت، ئەوەی لەپێشتەوەیە هی کێیە؟“ [١٨]دەڵێیت: ”هی یاقوبی خزمەتکارتن. دیارییە و نێردراوە بۆ عیسۆی گەورەم، خۆی لەدوای ئێمە دێت.“»

[١٩]هەروەها فەرمانی دا بە دووەمیان و سێیەمیان و هەموو ئەوانەی بەدوای مێگەل و گاگەلەکاندا دەڕۆیشتن، پێی گوتن: «ئێوەش هەر هەمان شت بە عیسۆ دەڵێن، کاتێك تووشی دەبن. [٢٠]لەبیر مەکەن بڵێن: ”یاقوبی خزمەتکارت لەدوای ئێمە دێت.“» ئەمەشی کردووە چونکە گوتی: «بەم دیارییەی کە لەپێش خۆمەوە دەینێرم ئاشتی دەکەمەوە، دوای ئەمە ڕووبەڕووی دەبمەوە، بەڵکو لێم ڕازی بێت.» [٢١]ئیتر دیارییەکان پێش خۆی کەوتن، بەڵام خۆی ئەو شەوەی لە ئۆردوگاکە بەسەربرد.

## زۆرانبازی یاقوب لەگەڵ خودا

[٢٢]یاقوب ئەو شەوە هەستا و هەردوو ژنەکەی و هەردوو کەنیزەکەی و هەر یازدە کوڕەکەی هەڵگرت و لە تەنکاییەکەی ڕووباری یەبۆق پەڕییەوە. [٢٣]هەڵیگرتن و لە جۆگەکە پەڕینەوە، لەگەڵ هەرچی کە هەیبوو. [٢٤]ئیتر یاقوب هەر خۆی مایەوە، پیاوێکیش دەرکەوت، هەتا بەرەبەیان زۆرانبازی لەگەڵی کرد. [٢٥]کە بینی دەرەقەتی نایەت، لەلای سەرەوەی ئێسکی ڕانی دا و ڕانی یاقوب لە زۆرانبازیەکەدا لەجێ چوو. [٢٦]ئینجا فەرمووی: «بەرمدە، وا بەرەبەیان دەرکەوت.»

بەڵام یاقوب گوتی: «ئەگەر بەرەکەتدارم نەکەیت بەرت نادەم.»

[٢٧]پیاوەکە لێی پرسی: «ناوت چییە؟»

یاقوب وەڵامی دایەوە: «یاقوب.»

[٢٨]ئینجا پیاوەکە پێی فەرموو: «لەمەودوا ئیتر ناوت بە یاقوب ناهێنرێت، بەڵکو بە ئیسرائیل[a]، چونکە لەگەڵ خودا و پیاوان تێکۆشاویت و سەرکەوتوویت.»

[٢٩]یاقوبیش پێی گوت: «تکایە، ناوی خۆتم پێ بڵێ.»

بەڵام ئەو فەرمووی: «بۆچی پرسیار لە ناوم دەکەیت؟» ئیتر لەوێ بەرەکەتداری کرد.

[٣٠]ئیتر یاقوب ناوی لەو شوێنە نا پەنیێل[b]، گوتی: «چونکە ڕوو بە ڕوو خودام بینی و گیانیشم دەرباز بوو.»

[٣١]کاتێك لە پەنیێل دەپەڕییەوە خۆری لێ هەڵهات، لەبەر ڕانی دەشەلی. [٣٢]هەر لەبەر ئەوەشە کە نەوەی ئیسرائیل هەتا ئەمڕۆش ئەو ماسوولکە ژێیەی گرژ دەبێتەوە، لەلای سەرەوەی ئێسکی ڕانە نایخۆن،

[a] ٢٨ ناوێکی عیبرییە بە واتای تێکۆشان لەگەڵ خودا.

[b] ٣٠ واتە ڕووی خودا.

لەبەر ئەوەی دەستدرا لەلای سەرەوەی ئێسکی ڕانی یاقوب. نزیك لەم ماسوولکە ژێیەی گرژ دەبێتەوە.

## چاوپێکەوتنی یاقوب لەگەڵ عیسۆ

٣٣ یاقوب چاوی هەڵبڕی و سەیری کرد وا عیسۆ و چوار سەد پیاوە دێن، ئیتر منداڵەکانی بەسەر لێئە و ڕاحێل و هەردوو کەنیزەکەیدا دابەش کرد. [٢]هەردوو کەنیزەکەی و منداڵەکانیانی خستە پێشەوە، ئینجا لێئە و منداڵەکانی لە پشتیانەوە، ڕاحێل و یوسفیشی خستە دواوە. [٣]خۆشی پێشیان کەوت، هەتا لە براکەی نزیك بووەوە حەوت جار کڕنۆشی برد.

[٤]بەڵام عیسۆ بە ڕاکردن بەرەو ڕووی یاقوب هات و باوەشی پێداکرد، ماچی کرد و پێکەوە گریان. [٥]ئینجا عیسۆ سەری هەڵبڕی و چاوی بە ژن و منداڵەکان کەوت، پرسی: «ئەمانە چی تۆن؟»

یاقوبیش گوتی: «ئەو منداڵانەن کە نیعمەتی خودان بۆ خزمەتکارەکەت.»

[٦]ئیتر هەردوو کەنیزەکە و منداڵەکانیان هاتنە پێشەوە و کڕنۆشیان برد، [٧]دوای ئەوان لێئە و منداڵەکانی هاتنە پێشەوە و کڕنۆشیان برد، پاشان یوسف و ڕاحێلیش هاتنە پێشەوە و کڕنۆشیان برد.

[٨]عیسۆ لە یاقوبی پرسی: «ئەو هەمووەی پێم گەیشتن بۆ چیت بوو؟»

ئەویش گوتی: «بۆ ئەوەی لەبەرچاوت پەسەند بم، گەورەم.»

[٩]بەڵام عیسۆ گوتی: «برام من زۆرم هەیە، ئەوەی هەتە بۆ خۆت هەڵیبگرە.»

[١٠]یاقوب گوتی: «نا، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، ئەوا دیارییەکەم لە دەست وەردەگریت، کە ڕووی تۆم بینی وەك ڕووی خودام بینی بێت وابوو، لێشم ڕازی بوویت. [١١]دیارییەکەشم وەربگرە کە بۆت هێنراوە، خودا لەگەڵم میهرەبان بووە و هەموو شتێکم هەیە.» ئیتر یاقوب زۆری لێکرد، عیسۆش لێی وەرگرت.

[١٢]ئینجا عیسۆ گوتی: «با بکەوینە ڕێ و بڕۆین، خۆشم پێشت دەکەوم.»

[١٣]بەڵام یاقوب پێی گوت: «گەورەی خۆم دەزانێت کە منداڵەکان ناسکن، ئەو مەڕ و مانگایانەشم کە پێیە شیر دەدەنە بەچکەکانیان. ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش ماندوو بکرێن بە لێخوڕین ئەوا هەموو ئاژەڵەکان دەمرن. [١٤]با گەورەم پێش خزمەتکارەکەی بپەڕێتەوە، منیش لەسەر خۆ دەکەومە ڕێ، بەپێی ئەوماڵەی پێش خۆم و بەپێی منداڵەکان، هەتا دەگەمە لای گەورەم لە سێعیر.»

[١٥]عیسۆش گوتی: «کەوابێت هەندێك لەو خەڵکەی لەگەڵمن لەلات بەجێدەهێڵم.»

یاقوبیش گوتی: «ئاخر چ پێویست دەکات؟ هەر ئەوەندەم بەسە جێی ڕەزامەندی گەورەم بم.»

[١٦]ئیتر هەر ئەو ڕۆژە عیسۆ بە ڕێی خۆیدا گەڕایەوە بۆ سێعیر. [١٧]یاقوبیش کەوتە ڕێ بۆ سوکۆت و خانوویەکی بۆ خۆی بنیاد نا، سایەبانیشی بۆ مەڕوماڵات دروستکرد. هەر لەبەر ئەوەش ئەو شوێنە ناونرا سوکۆت.

[١٨]دوای هاتنی لە پەدان ئارامەوە، یاقوب بە سەلامەتی گەیشتە شاری شەخەم کە لە خاکی کەنعانە. ئیتر لەبەردەم شارەکە چادری هەڵدا. [١٩]ئەو پارچە زەوییەشی کە چادرەکەی تێدا هەڵدا، بە سەد پارچە زیو لە کوڕانی حەمۆری باوکی شەخەمی کڕی. [٢٠]هەر لەوێش قوربانگایەکی بنیاد نا و ناوی لێنا «ئێل ئێلۆهی ئیسرائیل[a]».

## دینە و شەخەمییەکان

٣٤ دینەی کچی یاقوب کە لە لێئە بوو، چووە دەرەوە بۆ دیدەنی کچانی ئەو ناوە. [٢]کاتێك کە شەخەمی کوڕی حەمۆری حیڤی، کە میری ئەو ناوە بوو، چاوی پێی کەوت، گرتی و لاقەی کرد. [٣]دڵیشی چووە سەر دینەی کچی یاقوب، ئەو کچەی خۆشویست و بە نەرمی قسەی لەگەڵ کرد. [٤]شەخەم لەگەڵ حەمۆری باوکی قسەی کرد و پێی گوت: «ئەم کچەم بۆ بخوازە ببێتە ژنم.»

[٥]یاقوب بیستی کە داوێنی دینەی کچی پیسکراوە،

[a] ٢٠ بە واتەی خودای ئیسرائیل خودایە.

لەو کاتەدا کوڕەکانی لەگەڵ مەڕوماڵاتەکەی لە دەشتودەر بوون. ئیتر یاقوبیش هەتا هاتنەوە دەنگی نەکرد.

[٦]حەمۆری باوکی شەخەم چووە دەرەوە بۆ لای یاقوب بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات. [٧]کوڕەکانی یاقوب کە بیستیان، لە دەشتودەر هاتنەوە، هەستیان کرد کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر و زۆر تووڕە بوون، چونکە شەخەم بە لاقەکردنی کچی یاقوب کارێکی ئابڕووبەرانەی لەگەڵ ئیسرائیل[a] کرد، ئەمەش کارێکی نەشیاو بوو.

[٨]بەڵام حەمۆر قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: «شەخەمی کوڕم دڵی بە کچەکەتانەوەیە، بیدەنێ ببێتە ژنی. [٩]ژن و ژنخوازیمان لەگەڵ بکەن، کچەکانی خۆتانمان بدەنێ و کچەکانی ئێمە بۆ خۆتان ببەن. [١٠]لەناومان نیشتەجێ بن، زەوییەکەش لەبەردەمتانە، تێیدا نیشتەجێ بن و کڕین و فرۆشتنی تێدا بکەن، موڵکتان تێیدا هەبێت.»

[١١]ئینجا شەخەم بە باوك و براکانی دینەی گوت: «لێم ڕازی بن، ئەوەی پێم دەڵێن دەیدەم. [١٢]مارەیی و دیاری زۆر لەسەرم زیاد بکەن، ئەوەی داوای دەکەن دەیدەم، تەنها کچەکەم بدەنێ ببێتە ژنم.»

[١٣]کوڕانی یاقوب بە فێڵبازی وەڵامی شەخەم و حەمۆری باوکیان دایەوە و قسەیان کرد، چونکە داوێنی دینەی خوشکیان پیسکرابوو. [١٤]پێیان گوتن: «ئێمە ناتوانین کاری وا بکەین، خوشکەکەی خۆمان بدەینە پیاوێکی خەتەنە نەکراو، چونکە بۆ ئێمە ڕیسواییە. [١٥]بەڵام بەمە لەگەڵتان ڕێك دەکەوین، ئەگەر وەك ئێمەتان لێبێت، ئەوەش بە خەتەنەکردنی هەموو نێرینەکانتان. [١٦]ئیتر کچی خۆمان دەدەینە ئێوە و کچی ئێوەش دەبەین. لەنێویشتان نیشتەجێ دەبین و پێکەوە دەبینە یەك گەل. [١٧]بەڵام ئەگەر ئێوە بە قسەشتان نەکردین و خۆتان خەتەنە نەکرد، ئەوە کچەکەی خۆمان دەبەین و دەڕۆین.»

[١٨]قسەکانیان بەلای حەمۆر و بەلای شەخەمی کوڕی حەمۆرەوە باش بوو. [١٩]کوڕە لاوەکە لە ئەنجامدانی کارەکە دوا نەکەوت، چونکە بە کچەکەی یاقوب دڵشاد بوو، لە ماڵی باوکیشی لە هەموویان ڕێزدارتر بوو. [٢٠]ئیتر حەمۆر و شەخەمی کوڕی هاتنە بەر دەروازەی شارەکەیان و قسەیان بۆ خەڵکی شارەکەی خۆیان کرد، گوتیان: [٢١]«ئەم پیاوانە ئاشتیخوازن لەگەڵمان، با لە خاکمان نیشتەجێ بن و کڕین و فرۆشتنی تێدا بکەن، زەوییەکی پانوبەرین لەبەردەمیانە. کچیان بینە ژنمان و کچی خۆمانیان دەدەینێ. [٢٢]بەڵام ئەم پیاوانە بەمە لەگەڵمان ڕێك دەکەون کە لەگەڵمان نیشتەجێ بن و ببینە یەك گەل، ئەویش خەتەنەکردنی هەموو نێرینەکانمانە، هەروەك چۆن خۆیان خەتەنەکراون. [٢٣]ئایا ماڵات و ماڵ و هەموو ئاژەڵەکانیان بۆ خۆمان نابن ئەگەر لەگەڵیان ڕێك بکەوین و لەنێومان نیشتەجێ بن؟»

[٢٤]هەموو ئەوانەی لە دەروازەی شارەکەی هاتنە دەرەوە بە گوێی حەمۆر و شەخەمی کوڕیان کرد. ئیتر هەموو نێرینەیەك لە شارەکە خەتەنە کرا.

[٢٥]ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەم، کە ئەوان هێشتا ئازاریان مابوو، هەردوو کوڕەکەی یاقوب، شیمۆن و لێڤی، دوو براکەی دینە، دەستیان دایە شمشێرەکانیان و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانکراو بێت هێرشیان کردە سەر شارەکە و هەرچی نێرینە هەبوو کوشتیان. [٢٦]بە شمشێرەکەیان حەمۆر و شەخەمی کوڕیان کوشت. دینەی خوشکیشیان لە ماڵی شەخەم هەڵگرت و ڕۆیشتن. [٢٧]ئیتر کوڕانی یاقوب هاتنە سەر کوژراوەکان و شارەکەیان تاڵان کرد، چونکە داوێنی خوشکەکەیانیان پیس کردبوو. [٢٨]هەرچی مەڕ و مانگا و گوێدرێژیان هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە شار و دەشتودەر هەیانبوو، هەموویان برد. [٢٩]هەرچی سامانیان هەبوو بە تاڵان بردیان، تێکڕای ژن و منداڵیان ڕاپێچ کرد، هەرچیش لە ماڵەکان بوو بردیان.

[٣٠]ئینجا یاقوب بە شیمۆن و لێڤی گوت: «ئێوە گۆبەندتان کردم بەوەی کە منتان کردە ناحەز لەلای خەڵکی ئەم خاکە، کەنعانییەکان و پریزییەکان. ئێمە

[a] ٧ ئیسرائیل: بۆ یەکەم جار ئەم ناوە نوێیە لە یاقوب نرا (بڕوانە ٢٨:٣٢) دواجار گوێزرایەوە بۆ نەوەکانی یاقوب.

ژمارەیەکی کەمین، ئەگەر گەلەکۆمەم لێ بکەن و لێم بدەن، خۆم و ماڵەکەم لەناودەچین.»
٣١ بەڵام ئەوان گوتیان: «ئەی دەبێت خوشکەکەمان وەك لەشفرۆشێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ؟»

## گەڕانەوەی یاقوب بۆ بێت‌ئێل

٣٥ ئینجا خودا بە یاقوبی فەرموو: «هەستە، سەربکەوە بەرەو بێت‌ئێل و لەوێ نیشتەجێ بە، هەر لەوێش قوربانگایەك بۆ خودا دروستبکە، کە بۆت دەرکەوت لە کاتێك تۆ لە دەست عیسۆی برات هەڵدەهاتی.»
٢ ئیتر یاقوب بە خاووخێزانەکەی و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون گوت: «هەموو ئەو خوداوەندە بێگانانەی لەنێوتانە، لە خۆتانی جیا بکەنەوە و خۆتان پاك بکەنەوە، جلەکانیشتان بگۆڕن. ٣ دەبا هەستین و بەرەو بێت‌ئێل سەربکەوین، لەوێ قوربانگایەك بۆ خودا دروستدەکەم کە لە ڕۆژی تەنگانەمدا بە دەنگمەوە هات و لەو ڕێگایەی گرتبوومە بەر لەگەڵم بوو.» ٤ ئەوانیش هەرچی خوداوەندی بێگانە هەبوو لە دەستیان لەگەڵ گوارەکانی گوێچکەیان دایانە یاقوب، یاقوبیش لەژێر دار بەڕووەکە کە لەلای شەخەمە لەژێر گڵ شاردییەوە. ٥ ئینجا بەڕێکەوتن و ترسی خوداش باڵی کێشا بەسەر شارۆچکەکانی دەوروبەریان، ئیتر کەس دوای کوڕانی یاقوب نەکەوت.
٦ یاقوب خۆی و هەموو ئەو خەڵکەی لەگەڵی بوو هاتنە لوز کە بێت‌ئێلە لە خاکی کەنعان. ٧ لەوێ قوربانگایەکی بنیاد نا، شوێنەکەشی ناونا ئێل بێت‌ئێل[a]، چونکە لەو شوێنەدا خودای بۆ دەرکەوت، لە کاتی هەڵاتنی لە دەست براکەی.
٨ دەڤۆرای دایەنی ڕڤقە مرد، لەژێر دار بەڕووەکەی خوار بێت‌ئێل نێژرا. ئەو شوێنەش ناونرا ئەلۆن باکوت.
٩ کاتێك لە پەدان ئارام گەڕایەوە، دیسان خودا بۆ یاقوب دەرکەوت و بەرەکەتداری کرد. ١٠ خودا پێی

[a] ٧ ئێل بێت‌ئێل: واتە خودای بێت‌ئێل، یان خودای ماڵی خودا.

فەرموو: «ناوت یاقوبە، بەڵام لە ئێستا بەدواوە بە یاقوب ناو نابرێیت، بەڵکو ناوت دەبێتە ئیسرائیل.» ئیتر ناوی لێنا ئیسرائیل.
١١ ئینجا خودا پێی فەرموو: «من خودای هەرە بە توانام، بەردار بە و زۆر بە. نەتەوەیەك و کۆمەڵێك نەتەوە لە تۆوە دەبن، پاشایانیش لە پشتی تۆوە دەردەچن. ١٢ ئەو خاکەش کە دام بە ئیبراهیم و ئیسحاق، هەروەها دەیدەمە تۆ و نەوەکەت لەدوای خۆت.» ١٣ ئیتر خودا لەو شوێنەی قسەی لەگەڵ کرد لەسەری بەرزبووەوە.
١٤ یاقوبیش لەو شوێنەی کە خودا قسەی لەگەڵ کردبوو، ستوونێکی بەردینی ڕاگیر کرد و شەرابی پێشکەشکراوی بەسەردا ڕشت و زەیتی بەسەردا کرد. ١٥ یاقوب ئەو شوێنەی ناونا بێت‌ئێل کە تێیدا خودا قسەی لەگەڵدا کرد.

## مردنی ڕاحێل و ئیسحاق

١٦ ئینجا لە بێت‌ئێلەوە بەڕێکەوتن. کاتێك ماوەیەکی کەمیان مابوو بگەنە ئەفرات، ڕاحێل کەوتە سەر منداڵبوون، منداڵبوونێکی دژوار. ١٧ ئەوە بوو لە کاتی منداڵبوونەکەی، مامانەکە پێی گوت: «مەترسە، چونکە ئەمەش کوڕێکی دیکەتە.» ١٨ ئەوە بوو لەگەڵ دواهەناسەی، لەبەر ئەوەی دەمرد، کوڕەکەی ناونا بەن‌ئۆنی[b]. بەڵام باوکی ناوی لێنا بنیامین[c].
١٩ ئیتر ڕاحێل مرد و لە ڕێی ئەفرات نێژرا کە بێت‌لەحمە. ٢٠ یاقوب ستوونێکی لەسەر گۆڕەکەی ڕاگیر کرد، کە هەتا ئەمڕۆش ئەوە ستوونی گۆڕەکەی ڕاحێلە.
٢١ ئیسرائیل بەڕێکەوتەوە و چادرەکەی لە پشت مگدەل عێدەرەوە هەڵدا. ٢٢ کاتێك ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا دەژیا، ڕەئوبێن چوو لەگەڵ بیلهەی کەنیزەی باوکی نوست. ئەمەش بەرگوێی ئیسرائیل کەوتەوە.

یاقوب دوازدە کوڕی هەبوو:

[b] ١٨ بەن‌ئۆنی: واتە کوڕی ناخۆشیم.
[c] ١٨ بنیامین: واتە کوڕی دەستەڕاستم.

[٢٣]کوڕەکانی لێئە:
ڕەئوبێن، نۆبەرەکەی یاقوب.
شیمۆن، لێڤی، یەهودا، یەساخار و زەبولون.
[٢٤]کوڕەکانی ڕاحێل:
یوسف و بنیامین
[٢٥]کوڕەکانی بیلهەی کەنیزەی ڕاحێل:
دان و نەفتالی.
[٢٦]کوڕەکانی زیلپەی کەنیزەی لێئە:
گاد و ئاشێر.
ئەمانە کوڕەکانی یاقوبن، کە لە پەدان ئارام لەدایك بوون.

[٢٧]یاقوب هاتە مەمرێ بۆ لای ئیسحاقی باوکی لە نزیك قیریەت ئەربەع، کە حەبرۆنە، کە لەوێ ئیبراهیم و ئیسحاق ئاوارە بوون. [٢٨]تەمەنی ئیسحاق سەد و هەشتا ساڵ بوو. [٢٩]ئینجا دواهەناسەی دا و مرد، چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی، بە پیری و تێر لە ژیان خواردوو. هەردوو کوڕەکەی خۆی، عیسۆ و یاقوب، ناشتیان.

## نەوەکانی عیسۆ

٣٦ ئەمانەش نەوەکانی عیسۆن کە ئەدۆمە.

[٢]عیسۆ ژنەکانی خۆی لە کچەکانی کەنعان خواست، عادای کچی ئێلۆنی حیتی، لەگەڵ ئۆهۆلیبامەی کچی عەنای کچەزای چیبعۆنی حیڤی. [٣]هەروەها باسمەتی کچی ئیسماعیل، خوشکی نەبایۆت.

[٤]عادا ئەلیفازی بۆ عیسۆ بوو. باسمەتیش ڕەعوئێلی بوو. [٥]ئۆهۆلیبامەش یەعوش و یەعلام و قۆرەحی بوو. ئەمانەن کوڕانی عیسۆ کە لە خاکی کەنعان لەدایك بوون.

[٦]ئینجا عیسۆ ژن و کوڕ و کچەکانی هەڵگرت لەگەڵ هەموو کەسانی ماڵەکەی و ئاژەڵی ماڵی و هەموو ئاژەڵەکانی دیکە و هەرچییەکی هەبوو، ئەوەی لە خاکی کەنعان دەستی کەوتبوو، چووە زەوییەکی دیکە، دوور لە یاقوبی برای. [٧]سامانەکەیان ئەوەندە زۆر بوو کە نەتوانن پێکەوە نیشتەجێ بن، ئەو زەوییەی تێیدا ئاوارە بوون نەیدەتوانی بیانگرێتە خۆی، لەبەر زۆری مەڕوماڵاتیان. [٨]عیسۆ خۆی ئەدۆمە، ئیتر عیسۆ لە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر نیشتەجێ بوو.

[٩]ئەمانە نەوەکانی عیسۆن، باوکی ئەدۆمییەکان، لە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر:

[١٠]ئەمانەش ناوی کوڕەکانی عیسۆن:
ئەلیفازی کوڕی عادای ژنی عیسۆ و ڕەعوئێلی کوڕی باسمەتی ژنی عیسۆ.
[١١]کوڕەکانی ئەلیفاز:
تێمان، ئۆمار، چەفۆ، گەعتام و قەنەز.
[١٢]تیمنەع کەنیزەی ئەلیفازی کوڕی عیسۆ بوو، لە ئەلیفازەوە عەمالێقی بوو. ئەوانە کوڕەزای عادای ژنی عیسۆ بوون.
[١٣]کوڕەکانی ڕەعوئێل:
نەحەت، زەرەح، شەمما و میزا. ئەمانە کوڕەزای باسمەتی ژنی عیسۆ بوون.
[١٤]ئەمانەش کوڕەکانی ئۆهۆلیبامەی ژنی عیسۆن کە کچی عەنای کوڕی چیبعۆنە و بۆ عیسۆی ببوون:
یەعوش، یەعلام و قۆرەح.

[١٥]ئەمانەش میرانی نەوەی عیسۆن:
کوڕانی ئەلیفازی نۆبەرەی عیسۆ:
میر تێمان، میر ئۆمار، میر چەفۆ، میر قەنەز، [١٦]میر قۆرەح، میر گەعتام و میر عەمالێق. ئەوانە میرانی نەوەی ئەلیفاز لە خاکی ئەدۆم و کوڕەزای عادا بوون.
[١٧]کوڕەکانی ڕەعوئێلی کوڕی عیسۆ:
میر نەحەت، میر زەرەح، میر شەمما و میر میزا. ئەوانە میرانی نەوەی ڕەعوئێل لە خاکی ئەدۆم و کوڕەزای باسمەتی ژنی عیسۆ ئەوانە میرانی نەوەی ئەلیفاز لە خاکی ئەدۆم و کوڕەزای عادا بوون.

[١٨]کوڕەکانی ئۆهۆلیبامەی ژنی عیسۆ:
میر یەعوش، میر یەعلام و میر قۆرەح. ئەوانە میرانی نەوەی ئۆهۆلیبامەی ژنی عیسۆی کچی عەنا بوون.
[١٩]ئەوانە بوون کوڕانی عیسۆ کە خۆی ئەدۆمە، ئەوانەش میرەکانیان بوون.

[٢٠]ئەمانەش کوڕەکانی سێعیری حۆرین کە خەڵکی ناوچەکە بوون:
لۆتان، شۆڤاڵ، چیبعۆن، عەنا، [٢١]دیشۆن، ئێچەر
و دیشان. ئەمانەش میرانی حۆرییەکانن،
کوڕانی سێعیر لە خاکی ئەدۆم.
[٢٢]کوڕەکانی لۆتان:
حۆری و هۆمام. تیمنەعیش خوشکی لۆتان بوو.
[٢٣]کوڕەکانی شۆڤاڵ:
عەلڤان، مانەحەت، عێبال، شەفۆ و ئۆنام.
[٢٤]کوڕەکانی چیبعۆن:
ئەییا و عەنا. ئەمە ئەو عەنایەیە کە لە چۆڵەوانیدا کانیاوی گەرمی دۆزییەوە، کاتێک خەریکی لەوەڕاندنی گوێدرێژەکانی چیبعۆنی باوکی بوو.
[٢٥]نەوەکانی عەنا:
دیشۆن لەگەڵ ئۆهۆلیبامەی کچی عەنا.
[٢٦]کوڕەکانی دیشۆن:
حەمدان، ئەشبان، یەتران و کران.
[٢٧]کوڕەکانی ئێچەر:
بلهان، زەعەڤان و عەقان.
[٢٨]کوڕەکانی دیشان:
عوچ و ئەران.
[٢٩]ئەمانەش میرەکانی حۆرییەکانن:
میر لۆتان، میر شۆڤاڵ، میر چیبعۆن، میر
عەنا، [٣٠]میر دیشۆن، میر ئێچەر و میر دیشان.
ئەوانە بوون میرانی حۆرییەکان، بەگوێرەی خێڵەکانیان، لە خاکی سێعیر.

## سەرۆکەکانی ئەدۆم

[٣١]ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە لە خاکی ئەدۆم پاشایەتییان دەکرد، پێش ئەوەی هیچ پاشایەکی ئیسرائیلی پاشایەتی بکات.
[٣٢]بەلەعی کوڕی بەعۆر بوو بە پاشای ئەدۆم. ناوی شارەکەشی دینهابە بوو.
[٣٣]کە بەلەع مرد، یۆڤاڤی کوڕی زەرەحی خەڵکی بۆزرا وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
[٣٤]کە یۆڤاڤ مرد، حوشامی خەڵکی خاکی تێمانییەکان وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
[٣٥]کە حوشام مرد، هەدەدی کوڕی بەدەد وەک پاشا جێگەی گرتەوە، لە وڵاتی مۆئاب شکستی بە میدیان هێنا. ناوی شارەکەشی عەڤیت بوو.
[٣٦]کە هەدەد مرد، سەملەی خەڵکی مەسرێقە وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
[٣٧]کە سەملە مرد، شائوولی خەڵکی ڕەحۆبۆت، ئەو شارەی لە کەناری ڕووبار بوو، وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
[٣٨]کە شائوول مرد، بەعل‌حانانی کوڕی عەکبۆر وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
[٣٩]کە بەعل‌حانانی کوڕی عەکبۆر مرد، هەدەد وەک پاشا جێگەی گرتەوە. ناوی شارەکەشی پاعوو بوو، ژنەکەشی ناوی میهێتەبێل بوو، کچی مەترێدی کچی مێزاهاب بوو.

[٤٠]ئەمانەش ناوی میرەکانی نەوەی عیسۆن، بەپێی خێڵ و ناوچە و ناوەکانیان:
تیمنەع، عەلڤا، یەتێت، [٤١]ئۆهۆلیبامە، ئێلە،
پینۆن، [٤٢]قەنەز، تێمان، میبسار، [٤٣]مەگدئێل و
عیرام. ئەمانە میرەکانی ئەدۆم بوون، بەپێی نشینگەکانیان لە خاکی موڵکی خۆیان.
ئەوە عیسۆی باوکی ئەدۆمییەکان بوو.

## خەونەکانی یوسف

٣٧ یاقوب لە خاکی ئاوارەیی باوکی، لە خاکی کەنعان نیشتەجێ بوو.

٢ئەمە چیرۆکی نەوەکانی یاقوبە.
یوسف کە هەرزەکارێکی تەمەن حەڤدە ساڵان
بوو، لەگەڵ براکانی شوانایەتی مەڕەکانی دەکرد،
کوڕەکانی بیلهە و زیلپەی دوو ژنەکەی باوکی. یوسف
بوختانە خراپەکانی ئەمانی بە باوکی ڕاگەیاند.
٣ئیسرائیلیش یوسفی لە هەموو کوڕەکانی دیکەی
خۆشتر دەویست، چونکە ئەو منداڵەی لە پیریدا ببوو،
کەوایەکی درێژی ڕەنگاوڕەنگیشی بۆ دروستکرد. ٤کە
براکانی بینییان باوکیان ئەوی لە هەموو براکانی خۆشتر
دەوێت، ڕقیان لێی بووەوە و سڵاویان لێی نەدەکرد.
٥یوسف خەونێکی بینی و بۆ براکانی گێڕایەوە،
ئیتر زیاتر ڕقیان لێی بووەوە. ٦پێی گوتن: «گوێ لەم
خەونە بگرن کە بینیومە: ٧لە خەونەکەم لەناو کێڵگە
خەریکی مەلو[a] بووین، لەناکاو مەلوەکەی من ڕاست
بووەوە و وەستا، مەلوەکانی ئێوەش دەوریان دا و
کڕنۆشیان بۆ برد.»
٨براکانی پێیان گوت: «ئایا حەز دەکەیت ببیتە
پاشامان؟ ئایا فەرمانڕەوایەتیمان دەکەیت؟» ئیتر زیاتر
ڕقیان لێ بووەوە، لەبەر خەونەکانی و لەبەر قسەکانی.
٩ئینجا خەونێکی دیکەی بینی و بۆ براکانی گێڕایەوە،
گوتی: «گوێ بگرن، خەونێکی دیکەم بینیوە، بینیم خۆر
و مانگ و یازدە ئەستێرە کڕنۆشیان بۆم بردووە.»
١٠کە ئەمەی بۆ باوکی و براکانی گێڕایەوە، باوکی
سەرزەنشتی کرد و پێی گوت: «ئەمە چ خەونێکە
کە تۆ بینیوتە؟ ئایا من و دایکت و براکانت بێین و
کڕنۆشت بۆ ببەین؟» ١١براکانیشی بەغیلییان پێ برد،
بەڵام باوکی ئەم شتەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوە.

## فرۆشتنی یوسف لەلایەن براکانییەوە

١٢براکانی چوون بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی باوکیان
لە دەوروبەری شەخەم. ١٣ئیسرائیلیش بە یوسفی
گوت: «تۆ دەزانیت کە براکانت لە دەوروبەری
شەخەم خەریکی لەوەڕاندنن. وەرە با بتنێرمە لایان.»
ئەویش گوتی: «باشە.»

a ٧ پڕی باوەشێك لە دەغڵی دووراو.

١٤ئینجا پێی گوت: «بڕۆ سەیر بکە بزانە براکانت
سەلامەتن و مەڕەکانیش سەلامەتن، وەرەوە و هەواڵم
بدەرێ.» ئیتر یوسفی لە دۆڵی حەبرۆنەوە نارد.
کە یوسف چوو بۆ شەخەم، ١٥پیاوێك بینییەوە و
بینی وا لە چۆڵەوانی ون بووە، پرسیاری لێکرد: «ئەوە
بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟»
١٦ئەویش گوتی: «بەدوای براکانمدا دەگەڕێم. پێم
بڵێ لەکوێ خەریکی لەوەڕاندنن؟»
١٧پیاوەکەش گوتی: «لێرە ڕۆیشتن، چونکە گوێم
لێیان بوو گوتیان: ”با بچینە دوسان[b].“»
یوسفیش بەدوای براکانیدا چوو، ئەوانی لە دوسان
بینییەوە. ١٨بەڵام لە دوورەوە بینییان و پێش ئەوەی
لێیان نزیك بێتەوە، پیلانیان بۆی دانا هەتا بیکوژن.
١٩ئیتر بە یەکتریان گوت: «وا خاوەنی خەونەکان
دێت! ٢٠دەی با ئێستا بیکوژین و فڕێیبدەینە یەکێك
لەم ئەمباراوانە، دەشڵێین گیاندارێکی دڕندە یوسفی
خوارد. ئینجا با ببینین خەونەکانی چییان لێدێت.»
٢١کە ڕەئوبێن گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا لە
دەستیان ڕزگاری بکات، گوتی: «با گیانێك نەکوژین!»
٢٢ئینجا ڕەئوبێن پێی گوتن: «خوێن مەڕێژن. فڕێیبدەنە
ناو ئەم ئەمباراوە کە لە چۆڵەوانییە بەڵام دەستی بۆ
درێژ مەکەن.» ڕەئوبێن ئەمەی گوت بۆ ئەوەی لە
دەستیان فریای بکەوێت و بیگەڕێنێتەوە لای باوکی.
٢٣ئیتر کە یوسف هاتە لای براکانی، کەواکەیان
لەبەری دادڕاند، کەوا درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری
بوو، ٢٤ئینجا بردیان و فڕێیاندایە ناو ئەمباراوەکە،
ئەمباراوەکەش بەتاڵ بوو، ئاوی تێدا نەبوو.
٢٥دوای ئەوە دانیشتن بۆ نانخواردن، کە چاویان
هەڵبڕی بینییان وا کاروانی ئیسماعیلییەکان لە
گلعادەوە دێت، وشترەکانیان بارکراون بە بەهارات و
هەتووان[c] و موڕ[d]، بەرەو میسر دەڕۆن.
٢٦ئینجا یەهودا بە براکانی گوت: «چ سوودێکی

b ١٧ دوسان: شارۆچکەیەك بووە لە باکووری شەخەم.
c ٢٥ مەرهەم و ئازارشکێن.
d ٢٥ موڕ: ئاوێکی بۆن خۆشە لە گەڵای جۆرە گوڵێك دەردەچێت.

هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی بشارینەوە؟ ٢٧ وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و دەستی خۆمانی بۆ درێژ نەکەین، چونکە برامانە و لە گۆشت و خوێنمانە.» براکانیشی بە قسەیان کرد.

٢٨ کاتێك بازرگانە میدیانییەکان گەیشتن، براکانی یوسفیان لە ئەمباراوەکە ڕاکێشا، بە بیست شاقل زیو[a] بە ئیسماعیلییەکانیان فرۆشت، ئەوانیش یوسفیان هێنایە میسر.

٢٩ ئینجا ڕەئوبێن گەڕایەوە لای ئەمباراوەکە و سەیری کرد یوسف لە ئەمباراوەکە نەبوو، ئیتر جلەکانی بەری خۆی دادڕی. ٣٠ گەڕایەوە لای براکانی و گوتی: «کوڕەکە لەوێ نەماوە! من بۆ کوێ بچم؟»

٣١ ئەوانیش کەواکەی یوسفیان هێنا، گیسکێکیان سەربڕی و کەواکەیان لە خوێن هەڵکێشا. ٣٢ ئینجا کەوا ڕەنگینەکەیان بۆ باوکیان هێنایەوە، گوتیان: «ئەمەمان دۆزیوەتەوە، لێی وردبەرەوە و بزانە کەوای کوڕەکەتە یان نا؟»

٣٣ ئەویش لێی ورد بووەوە و گوتی: «کەوای کوڕەکەمە! گیاندارێکی دڕندە خواردوویەتی، یوسفی پارچەپارچە کردووە.»

٣٤ ئیتر یاقوب جلەکانی بەری خۆی دادڕی و جلوبەرگی گوشی[b] پۆشی، ماوەیەکی درێژ شیوەنی بۆ کوڕەکەی گێڕا. ٣٥ ئینجا هەموو کوڕ و کچەکانی هەستان چوونە لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە، گوتی: «بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو جیهانی مردووان[c].» ئیتر باوکی دایە پرمەی گریان بۆی.

٣٦ هەر لەو ماوەیەدا میدیانییەکان لە میسر یوسفیان فرۆشت بە پۆتیفەر، کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرۆکی پاسەوانەکان بوو.

[a] ٢٨ نزیکەی ٢٣٠ گرام.

[b] ٣٤ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

[c] ٣٥ عیبری: شیۆل، ئەو شوێنەیە کە لەدوای مردن ڕۆحی مرۆڤ دەچێتە ئەوێ هەتا ڕۆژی لێپرسینەوە.

## یەهودا و تامار

٣٨ ئەوە بوو یەهودا لەو سەردەمەدا لەلای براکانی دابەزی و چوو بۆ لای پیاوێکی عەدولامی کە ناوی حیرە بوو. ٢ لەوێ یەهودا چاوی بە کچی پیاوێکی کەنعانی کەوت، پیاوەکەش ناوی شوەع بوو. ئەو کچەی خواست و لەگەڵی نوست. ٣ ئەویش سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو ناوی لێنا ئێر. ٤ جارێکی دیکە سکی پڕ بووەوە، کوڕێکی دیکەی بوو ناوی لێنا ئۆنان. ٥ دیسان سکی پڕ بووەوە، کوڕێکی دیکەی بوو ناوی لێنا شالەح. کاتێك یەهودا لە کەزیب[d] بوو، ئەم کوڕەی بوو.

٦ یەهودا ژنێکی بۆ ئێری کوڕە نۆبەرەی خۆی هێنا، ناوی تامار بوو. ٧ بەڵام ئێری کوڕە نۆبەرەی یەهودا لەبەردەم یەزدان بەدکار بوو، یەزدانیش لەناوی برد.

٨ ئینجا یەهودا بە ئۆنانی گوت: «ژنی براکەت بخوازەوە و بڕۆ بەلای، بە ئەرکی برایەتی هەستە و نەوە بۆ براکەت بخەرەوە.» ٩ بەڵام ئۆنان ئەوەی زانی کە نەوەکە هی ئەم نابێت، ئیتر هەر کاتێك لەگەڵ ژنی براکەی دەنوست، تۆوەکەی خۆی دەڕژاندە سەر زەوی، بۆ ئەوەی نەوە بۆ براکەی نەخاتەوە. ١٠ ئەم کردارەی ئەو لەلای یەزدان کارێکی خراپ بوو، ئیتر ئەویشی مراند.

١١ یەهودا بە تاماری بووکی خۆی گوت: «لە ماڵی باوکت بە بێوەژنی دابنیشە، هەتا شالەحی کوڕم گەورە دەبێت.» چونکە بیری کردەوە و گوتی: «نەوەك ئەمیشیان وەك دوو براکەی بمرێت.» تاماریش چوو لە ماڵی باوکی دانیشت.

١٢ دوای ماوەیەکی زۆر کچەکەی شوەع کە ژنی یەهودا بوو مرد. دوای ئەوەی دڵنەوایی بووەوە، یەهودا لەگەڵ حیرەی عەدولامی چوو بۆ تیمنا، بۆ لای ئەوانەی خوری مەڕەکانیان بۆ دەبڕییەوە.

١٣ کاتێك بە تاماریان ڕاگەیاند: «وا خەزوورت هاتووە بۆ تیمنا، بۆ بڕینەوەی خوری مەڕەکانی،» ١٤ ئەویش جلوبەرگی بێوەژنی داکەند و بە ڕووپۆش

[d] ٥ کەزیب: شارۆچکەیەك بووە ٥ کیلۆمەتر باشووری عەدولام.

خۆی داپۆشی و خۆی پێچایەوە، لەبەر دەروازەی عێینەیم دانیشت، کە لەسەر ڕێگای تیمنایە، چونکە سەیری کرد وا شالەح گەورەش بووە، کەچی ئەمیان نەدایێ ببێتە ژنی.

[١٥]کە یەهودا بینی وایزانی ئافرەتی لەشفرۆشییە، چونکە ڕووی خۆی داپۆشی بوو. [١٦]ئیتر لەسەر ڕێگاکە لایدا بەلای ئەودا و پێی گوت: «وەرە با لەگەڵت بنووم،» چونکە نەیزانی ئەوە بووکەکەیەتی.

ئەویش پێی گوت: «چیم پێدەدەیت بۆ ئەوەی لەگەڵم بنوویت؟»

[١٧]ئەویش گوتی: «لە ماڵاتەکەم گیسکێکت بۆ دەنێرم.»

ئەمیش گوتی: «ئەی شتێکم وەك بارمتە دەدەیتێ هەتا دەینێریت؟»

[١٨]ئەویش گوتی: «چ بارمتەیەکت بدەمێ؟»

ئەمیش گوتی: «مۆر و قەیتان و گۆچانەکەی دەستت.» ئەویش ئەمانەی دایێ و لەگەڵی نوست، ئیتر سکی لێی پڕبوو. [١٩]ئینجا هەستا و ڕۆیشت، ڕووپۆشەکەی لە خۆی کردەوە و جلوبەرگی بێوەژنی لەبەرکردەوە.

[٢٠]هەر لەو ماوەیەدا یەهودا گیسکەکەی بە هاوڕێ عەدولامییەکەیدا نارد بۆ ئەوەی بارمتەکە لە دەست ژنەکە وەربگرێتەوە. بەڵام ئەو نەیبینییەوە. [٢١]ئیتر پرسیاری لە خەڵکی ئەو ناوە کرد و گوتی: «ئەرێ ئەو ئافرەتە لەشفرۆشەی[a] لە نزرگە لە کەناری ڕێی عێینەیم بوو لەکوێیە؟»

ئەوانیش گوتیان: «ئەم ناوە هیچ ئافرەتێکی لەشفرۆشی لێ نەبووە.»

[٢٢]ئەویش گەڕایەوە لای یەهودا و پێی گوت: «نەمبینییەوە. خەڵکەکەی ئەو ناوەش گوتیان: ”هیچ ئافرەتی لەشفرۆش لەو ناوەدا نییە.“»

[٢٣]یەهوداش گوتی: «با بۆ خۆی هەڵیانبگرێت نەوەك ڕیسوا بین. ئەوەتا ئەم گیسکەم بۆ ناردووە، بەڵام تۆ ئەوت نەبینییەوە.»

[٢٤]نزیکەی سێ مانگ دوای ئەوە بە یەهودا ڕاگەیەنرا و گوترا: «تاماری بووکت لەشفرۆشی کردووە، بەهۆی ئەو لەشفرۆشییەوە سکیشی پڕە.»

یەهوداش گوتی: «بیهێننە دەرەوە بۆ ئەوەی بسووتێنرێت!»

[٢٥]ئەوە بوو کە هێنرایە دەرەوە، ناردییە لای خەزووری و گوتی: «سکم لەو پیاوە پڕە کە خاوەنی ئەمانەیە.» هەروەها گوتی: «وردبەرەوە ئەم مۆر و قەیتان و گۆچانە هی کێیە؟»

[٢٦]یەهوداش ئەوانی ناسییەوە و گوتی: «ئەو لە من ڕاستودروستترە، لەبەر ئەوەی نەمداوە بە شالەحی کوڕم.» دوای ئەمە ئیتر لەگەڵی نەنوستەوە.

[٢٧]کە هاتە سەر منداڵبوون، دووانەیەك[b] لە سکی بوو. [٢٨]لە کاتی منداڵبوونی یەکێکیان دەستی هێنایە دەرەوە، مامانەکەش دەزوویێکی سووری لە دەستی بەست و گوتی: «ئەمەیان یەکەم جار هاتە دەرەوە.» [٢٩]بەڵام کە دەستی کێشایەوە دواوە، براکەی هاتە دەرەوە، مامانەکەش گوتی: «ئەوە بۆ هەڵتکوتا، دەك هەڵبکوترێتە سەرت!» ئەمەیان ناونرا پێرێز[c]. [٣٠]لەدوای براکەی، کە دەزووە سوورەکە بە دەستییەوە بوو، هاتە دەرەوە. ئەمەشیان ناونرا زەرەح[d].

## یوسف و ژنی پۆتیفەر

٣٩ یوسف بەرەو خوار بردرا بۆ میسر. لەوێ پیاوێکی میسری بە ناوی پۆتیفەر کە کاربەدەستی فیرعەون و سەرۆکی پاسەوانەکانی بوو، لە ئیسماعیلییەکانی کڕی کە بەرەو میسر هێنابوویان.

[٢]یەزدان لەگەڵ یوسف بوو، ئیتر پیاوێکی سەرکەوتوو بوو، لە ماڵی گەورە میسرییەکەیدا بوو. [٣]گەورەکەی بینی کە یەزدانی لەگەڵدایە و دەست

[a] ٢١ بەپێی باوەڕی ئایینی کەنعانی بۆ بەردارکردنی کێڵگە لەگەڵ لەشفرۆشی نزرگە جووت دەبوون. هەندێك لە نەوەی ئیسرائیل ئەم باوەڕەی کەنعانییەکانیان پەیڕەو کردووە. بڕوانە دواوتار ٢٣:١٧-١٨.

[b] ٢٧ جمك

[c] ٢٩ پێرێز: واتە هەڵکوتان.

[d] ٣٠ زەرەح: واتە سوورە یان بریقەدار.

بداتە هەر کارێکیش یەزدان سەرکەوتووی دەکات. [٤]یوسف لەبەرچاوی پەسەند بوو و خزمەتی کرد. پۆتیفەریش کردی بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچییەکی هەبوو دایە دەست ئەم. [٥]ئیتر لەو کاتەوە کە ئەمی کرد بە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی و هەرچی کە هەیبوو، یەزدان لەبەر یوسف ماڵی ئەو میسرییەی بەرەکەتدار کرد. بەرەکەتەکەی یەزدانیش بۆ هەموو ئەو شتانە بوو کە هی پۆتیفەر بوو، چ لەناو ماڵەکەی و چ لە دەشتودەر. [٦]ئیتر هەرچییەکی هەبوو بۆ یوسفی بەجێهێشت، ئاگاداری هیچی خۆشی نەبوو، تەنها ئەو نانە نەبێت کە دەیخوارد.

یوسفیش ڕوخسار جوان و بەژن ڕێك بوو. [٧]دوای ماوەیەك ژنی گەورەکەی چاوی بڕییە یوسف و پێی گوت: «وەرە لەگەڵم بنوو.»

[٨]بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە و بە ژنی گەورەکەی گوت: «تەماشا بکە، گەورەم سەرقاڵی هیچ شتێك نییە کە لە ماڵەکەی هەیە، هەرچییەکیشی هەیە بە منی سپاردووە. [٩]کەسیش لە ماڵەکەدا لە من گەورەتر نییە. هیچیشی لێ قەدەغە نەکردووم، تەنها تۆ نەبێت، چونکە تۆ ژنی ئەویت. ئیتر چۆن دەبێت بەدکارییەکی ئاوا گەورە بکەم و گوناه بەرامبەر بە خودا بکەم؟» [١٠]هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژ بە یوسفی دەگوتەوە، ئەویش بە قسەی نەکرد، بۆ ئەوەی لەگەڵی بنووێت و لەگەڵی بێت.

[١١]ئەوە بوو ڕۆژێکیان بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هاتە ناو ماڵەکە، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو. [١٢]ژنەکە کەواکەی گرت و گوتی: «لەگەڵم بنوو!» بەڵام ئەو کەواکەی لە دەستی ئەو بەجێهێشت و هەڵات، چووە دەرەوە.

[١٣]کە بینی وا کەواکەی لە دەستی ئەم بەجێهێشت و هەڵاتە دەرەوە، [١٤]بانگی کەسانی ماڵەکەی کرد و پێی گوتن: «سەیر بکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ هێناوین دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتووەتە ژوورەوە هەتا لاقەم بکات، بەڵام من بە دەنگی بەرز قیژاندم. [١٥]ئیتر کە گوێی لێبوو دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لەلام بەجێهێشت و هەڵات، چووە دەرەوە.»

[١٦]کەواکەی ئەوی لەلای خۆی دانا هەتا گەورەکەی گەڕایەوە ماڵەوە. [١٧]ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گێڕایەوە، پێی گوت: «خزمەتکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە هەتا دەستبازیم لەگەڵ بکات. [١٨]بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لەلام بەجێهێشت و هەڵاتە دەرەوە.»

[١٩]کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی گوت، «خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم،» تووڕەیی جۆشا. [٢٠]ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێ بەند کرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە.

[٢١]بەڵام یەزدان لەگەڵ یوسف بوو، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی خۆی بەسەردا کێشا و لەبەرچاو کارگێڕی زیندانەکە پەسەندی کرد. [٢٢]ئیتر کارگێڕی زیندانەکە هەموو ئەو زیندانییانەی خستە ژێر دەستی یوسف کە لە زیندانەکەدا بوون، کردیشی بە لێپرسراوی هەر کارێك لەوێ هەبوو. [٢٣]کارگێڕی زیندانەکەش سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد کە بە دەست یوسف بووایە، چونکە یەزدان لەگەڵ یوسف بوو، هەر کارێکیشی دەکرد یەزدان سەری دەخست.

## ساقی[a] پاشای میسر و نانەواکەی

٤٠ دوای ماوەیەك ساقی پاشای میسر و نانەواکەی هەڵەیان بەرامبەر بە گەورەکەیان پاشای میسر کرد. [٢]جا فیرعەون لە دوو کاربەدەستەکەی تووڕە بوو، سەرۆکی ساقییەکان و سەرۆکی نانەواکان. [٣]ئیتر هەردووکیانی خستە زیندانەکەی ناو ماڵەکەی سەرۆکی پاسەوانەکان، ئەو شوێنەی کە یوسفی تێدا زیندانی کرابوو. [٤]سەرۆکی پاسەوانەکانیش کاروباری ئەوانی بە یوسف سپارد، ئەویش خزمەتی کردن.

ئیتر ماوەیەك لە زیندانەکەدا مانەوە. [٥]ئینجا ساقی پاشای میسر و نانەواکەی کە زیندانی کرابوون هەردووکیان، لە یەك شەودا خەونیان بینی، خەوی

[a] ساقی: شەراب تێکەر.

هەریەکەیان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی دیکەیان.

[٦]بۆ سبەی بەیانی یوسف هاتە لایان، سەیری کردن هەردووکیان ماتومەلوولن. [٧]ئەویش پرسیاری لە هەردوو کاربەدەستەکەی فیرعەون کرد کە لەگەڵ خۆی لە زیندانی ماڵی گەورەکەیدان، گوتی: «بۆچی ئەمڕۆ ڕووتان خەمگینە؟»

[٨]وەڵامیان دایەوە: «خەونمان بینیوە، بەڵام کەسێک نییە لێکیان بداتەوە.»

یوسفیش پێی گوتن: «ئایا لێکدانەوە هی خودا نییە؟ خەونەکانتانم بۆ بگێڕنەوە.»

[٩]سەرۆکی ساقییەکان خەونەکەی بۆ یوسف گێڕایەوە و گوتی: «لە خەونمدا دار مێوێک لەبەردەمم بوو. [١٠]سێ چڵ بە دار مێوەکەوە بوو، هەر کە چرۆیان کرد، گوڵیان گرت و هێشووەکانیان پێگەیشتن و بوونە ترێ. [١١]جامەکەی فیرعەونیشم بەدەستەوە بوو، ترێیەکەم هێنا و گوشیمە ناو جامەکەی فیرعەون، جامەکەم دایە دەستی فیرعەون.»

[١٢]یوسفیش پێی گوت: «ئەمە لێکدانەوەکەیەتی: سێ چڵەکە سێ ڕۆژن. [١٣]لە ماوەی سێ ڕۆژدا فیرعەون سەرت بەرز دەکات و دەتگەڕێنێتەوە شوێنەکەی خۆت. جامەکەی فیرعەونیش دەدەیتەوە دەست خۆی، هەروەک جاری جاران کە ساقی بوویت. [١٤]کاتێک ژیانت باش دەبێت منت بێتەوە یاد، چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت و لەلای فیرعەون ناوم بهێنیت و لەم ماڵە دەرمبهێنیت، [١٥]چونکە لە خاکی عیبرانییەکانەوە دزراوم، لێرەش بێ ئەوەی هیچم کردبێت خراومەتە زیندانەوە.»

[١٦]کە سەرۆکی نانەواکان بینی باشی لێکدایەوە، بە یوسفی گوت: «منیش لە خەونمدا سێ سەبەتە نانی سپی لەسەر سەرم بوو. [١٧]سەبەتەکەی سەرەوەیان هەموو جۆرە خواردنێکی فیرعەونی تێدابوو لەوانەی نانەوا دروستیان دەکات، بەڵام باڵندەکان لەسەر سەبەتەکەی سەر سەرمەوە دەیانخوارد.»

[١٨]یوسفیش وەڵامی دایەوە: «ئەمە لێکدانەوەکەیەتی، سێ سەبەتەکە سێ ڕۆژن. [١٩]لە ماوەی سێ ڕۆژیشدا، فیرعەون سەرت پەلدەدات و جەستەکەت لەسەر دارێک دەچەقێنێت، باڵندەش گۆشتەکەت دەخۆن.»

[٢٠]ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەم کە ڕۆژی لەدایکبوونی فیرعەون بوو، فیرعەون خوانێکی بۆ هەموو دەستوپێوەندەکانی سازکرد. سەری سەرۆکی ساقییەکان و سەری سەرۆکی نانەواکانی لەنێو دەستوپێوەندەکانی بڵند کرد. [٢١]سەرۆکی ساقییەکانی گەڕاندەوە بۆ مەیگێڕییەکەی خۆی، ئەویش جامی دایەوە دەستی فیرعەون. [٢٢]بەڵام سەرۆکی نانەواکانی کوشت، وەک چۆن یوسف بۆی لێکدابوونەوە.

[٢٣]سەرۆکی ساقییەکانیش یوسفی بیر نەکەوتەوە، بەڵکو لە یادی کرد.

## خەونەکانی فیرعەون

٤١ ئەوە بوو لەدوای دوو ساڵ، فیرعەون خەونی بینی، کە لەلای ڕووباری نیل ڕاوەستاوە، [٢]لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای ڕوخسار جوان و گۆشتن هاتنە دەرەوە، لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان. [٣]لەدوای ئەوان حەوت مانگای دیکە لە ڕووبارەکە هاتنە دەرەوە، ڕوخسار ناشیرین و لەڕ، لەلای مانگاکانەوە لەسەر کەناری ڕووبارەکە ڕاوەستان. [٤]ئینجا مانگا ڕوخسار ناشیرین و لەڕەکان، حەوت مانگا ڕوخسار جوان و گۆشتنەکانیان خوارد. ئیتر فیرعەون بەئاگا هات.

[٥]لەدوای ئەوە نوستەوە و دیسان خەونی بینییەوە، کە حەوت گوڵەگەنمی قەڵەو و جوان لە لاسکێکەوە دەرهاتوون، قەڵەو و جوانن. [٦]لەدوای ئەمانەوە حەوت گوڵەگەنمی باریک و سووتا و بە بای ڕۆژهەڵات ڕواون. [٧]ئینجا گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە قەڵەو و پڕەکانیان قووت دا. ئیتر فیرعەون بەئاگا هات، زانی کە خەونە.

[٨]ئەوە بوو سەر لە بەیانی دڵگران بوو، ئیتر ناردی بەدوای هەموو جادووگەرانی میسر و هەموو داناکانی. فیرعەون خەونەکەی خۆی بۆ گێڕانەوە، بەڵام کەسێک لەنێویان نەبوو بۆی لێکبداتەوە.

٩ئینجا سەرۆکی ساقییەکان قسەی لەگەڵ فیرعەون کرد و گوتی: «من ئەمڕۆ هەڵەکانی خۆم دێتەوە یاد. ١٠جارێك فیرعەون لە دوو خزمەتکارەکەی خۆی تووڕە بوو، من و سەرۆکی نانەواکانی خستە زیندانی ماڵی سەرۆکی پاسەوانەکان. ١١من و ئەو لە یەك شەو خەونمان بینی، خەونی هەریەکەمان لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوی دیکەمان. ١٢لەوێش کوڕێکی عیبرانیمان لەگەڵ بوو کە خزمەتکاری سەرۆکی پاسەوانەکان بوو. بۆ ئەومان گێڕایەوە، ئەویش هەردوو خەونەکەی بۆ لێکداینەوە، بۆ هەریەکەمان بەپێی خەونەکەی لێکی دایەوە. ١٣ئیتر ئەو چۆنی بۆ لێکداینەوە ئاوا ڕوویدا. ئەوە بوو من گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و ئەویش کوژرا.»

١٤فیرعەونیش بەدوای یوسفدا ناردی، ئیتر خێرا لە زیندانەوە هێنایان. لەدوای ئەوەی تراشی کرد و جلەکانی گۆڕی، هاتە بەردەم فیرعەون.

١٥فیرعەون بە یوسفی گوت: «خەونێکم بینیوە و کەس نییە لێکی بداتەوە. بەڵام دەربارەی تۆ بیستوومە کە خەون دەبیستیت هەتا لێکی بدەیتەوە.»

١٦یوسف وەڵامی فیرعەونی دایەوە: «هی من نییە، بەڵکو خودایە کە وەڵامی دڵنیاکەرەوە دەداتە فیرعەون.»

١٧ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: «لە خەونمدا لەسەر کەناری ڕووباری نیل ڕاوەستابووم، ١٨بینیم لە ڕووبارەکەوە حەوت مانگای گۆشتن و ڕوخسار جوان هاتنە دەرەوە، لە مێرگەکەدا کەوتنە لەوەڕان. ١٩لەدوای ئەوان حەوت مانگای دیکە هاتنە دەرەوە، ڕوخسار زۆر ناشیرین و لەڕولاواز بوون. لە هەموو خاکی میسر ناشیرینی وەك ئەوانم نەبینیبوو. ٢٠ئینجا مانگا لەڕ و ڕوخسار ناشیرنەکان، حەوت مانگا قەڵەوەکەی یەکەم جاریان خوارد. ٢١چوونە ناو ورگیانەوە، بەڵام پێیانەوە دیار نەبوو کە ئەوانە چوونەتە ورگیانەوە، بەڵکو هەروەك یەکەم جار ڕوخساریان ناشیرین بوو. ئیتر بەئاگا هاتم.

٢٢«دیسان لە خەونمدا بینیم حەوت گوڵەگەنمی پڕ و جوان لە لاسکێکەوە دەرهاتوون. ٢٣لەدوای ئەوان حەوت گوڵەگەنمی وشك و باریك و سووتا و بە بای ڕۆژهەڵات ڕواون. ٢٤گوڵەگەنمە باریکەکان حەوت گوڵەگەنمە جوانەکەیان قووت دا. ئەمەم بە جادووگەرەکان گوت، بەڵام کەس نەبوو بۆم لێکبداتەوە.»

٢٥یوسفیش بە فیرعەونی گوت: «خەونەکانی فیرعەون یەکە و لە یەك دەچن. ئەوەی خودا خەریکە دەیکات بە فیرعەونی ڕاگەیاند. ٢٦حەوت مانگا جوانەکە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە جوانەکەش هەر حەوت ساڵن. یەك خەونە. ٢٧حەوت مانگا لەڕ و ناشیرنەکان بەدوایاندا هاتنە دەرەوە ئەوە حەوت ساڵن. حەوت گوڵەگەنمە باریك و سووتاوەکە بە بای ڕۆژهەڵات، دەبنە حەوت ساڵی قاتوقڕی.

٢٨«ئەمەش ئەوەیە کە بە فیرعەونم گوت، ئەوەی خودا خەریکە دەیکات بە فیرعەونی نیشان دا: ٢٩حەوت ساڵ دێت تێروتەسەلییەکی مەزن لە هەموو خاکی میسر دەبێت. ٣٠بەڵام بەدوای ئەودا حەوت ساڵی قاتوقڕی دێت کە هەموو ئەو تێروتەسەلییە لەبیر دەباتەوە کە لە خاکی میسر بووە. قاتوقڕی خاکەکە دەفەوتێنێت. ٣١ئیتر بەو تێروتەسەلییەی لە خاکەکەدا بووە نازانرێت، لەبەر ئەو قاتوقڕییەی بەدوایدا دێت، چونکە زۆر گران دەبێت. ٣٢سەبارەت بەوەش کە خەونەکە دوو جار بۆ فیرعەون دووبارە کراوەتەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو کارە لەلای خوداوە بڕیار دراوە، خوداش خێرایە لە ئەنجامدانی.

٣٣«ئێستاش با فیرعەون پیاوێکی وردبین و دانا ببینێت و لەسەر خاکی میسر دایبنێت. ٣٤با فیرعەون چەند سەرپەرشتیارێك لەسەر زەوی دابنێت بۆ وەرگرتنی پێنج یەکی دانەوێڵەی خاکی میسر لە هەر حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکە. ٣٥ئیتر هەموو خواردنی ئەم ساڵە باشانەی کە دێت کۆدەکەنەوە، لەژێر دەستی فیرعەون گەنم لە ئەمبار بکەن، بۆ خواردن لە شارۆچکەکان دەپارێزرێت. ٣٦ئەم خۆراکە دەبێتە ئازووقەی خاکەکە بۆ ئەو حەوت ساڵە قاتوقڕییەی کە لە خاکی میسردا دەبێت، ئیتر خاکەکە بە قاتوقڕی لەناو ناچێت.»

[٣٧]ئەم قسانە لەبەرچاوی فیرعەون باش بوو، هەروەها لەبەرچاوی هەموو دەستوپێوەندەکەی. [٣٨]فیرعەون بە دەستوپێوەندەکەی گوت: «ئایا کەسێکی وەك ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کە ڕۆحی خودای تێدابێت؟»

[٣٩]ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: «لەدوای ئەوەی خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە تۆ وردبینتر و داناتر. [٤٠]تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبیت، هەموو گەلەکەشم لە دەمی تۆوە ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنها لە تەختی پاشایەتی لە تۆ گەورەتر دەبم.»

## یوسف وەك لێپرسراوی خاکی میسر

[٤١]ئیتر فیرعەون بە یوسفی گوت: «ئەوا تۆم کردە لێپرسراوی هەموو خاکی میسر.» [٤٢]ئینجا فیرعەون ئەنگوستیلەکەی دەستی خۆی داکەند و لە دەستی یوسفی کرد، هەروەها جلوبەرگی کەتانی ناسکی لەبەری کرد و تەوقێکی زێڕیشی لە ملی کرد. [٤٣]پاشان سواری دووەم گالیسکەی خۆی کرد و لەپێشیەوە بانگەوازیان کرد: «بە چۆکدا بێن!» ئیتر کردییە لێپرسراوی هەموو خاکی میسر.

[٤٤]ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: «من فیرعەونم، بەڵام بەبێ قسەی تۆ کەس لە هەموو خاکی میسر، نە دەستی و نە پێی بەرز ناکاتەوە.» [٤٥]فیرعەون ناوی لە یوسف نا سافنەت پەعنێح، هەروەها ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهینی ئۆنی کچی پێدا هەتا ببێتە ژنی. ئیتر یوسف چووە دەرەوە بۆ سەر خاکی میسر.

[٤٦]تەمەنی یوسف سی ساڵ بوو کاتێك دەستی بە خزمەتی فیرعەونی پاشای میسر کرد. یوسف لەلای فیرعەون چووە دەرەوە و بە هەموو خاکی میسردا تێپەڕی. [٤٧]لە حەوت ساڵی تێروتەسەلییەکەدا زەوی بە پڕی بەروبوومی دا. [٤٨]یوسف هەموو خۆراکی ئەو حەوت ساڵەی کۆکردەوە کە لە خاکی میسردا بوو، لە هەموو شارێکدا خۆراکی دانا، خۆراکی ئەو کێڵگانەش کە لە دەوروبەری شارەکە بوون. [٤٩]یوسف وەك لمی دەریا گەنمی کۆکردەوە، ئەوەندە زۆر ئیتر وازی لە ژماردنیان هێنا، چونکە لە ژماردن نەدەهاتن.

[٥٠]پێش هاتنی ساڵانی قاتوقڕییەکە، یوسف لە ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهینی ئۆن دوو کوڕی بوو. [٥١]یوسف کوڕە نۆبەرەکەی ناونا مەنەشە[a] و گوتی: «چونکە خودا هەموو ماندووبوونم و هەموو ماڵی باوکمی لەبیر بردمەوە.» [٥٢]دووەمیشیانی ناونا ئەفرایم[b]، گوتی «چونکە خودا لە خاکی زەلیلیمدا بەرداری کردم.»

[٥٣]ئەو حەوت ساڵە تێروتەسەلییەی لە خاکی میسردا بوو کۆتایی هات. [٥٤]ئینجا حەوت ساڵی قاتوقڕییەکە دەستی پێکرد، وەك یوسف گوتبووی. قاتوقڕی لە هەموو زەویدا بوو، بەڵام لە هەموو خاکی میسردا نان هەبوو. [٥٥]کاتێك قاتوقڕییەکە کاریگەری لە هەموو میسر کرد، خەڵکەکە هاواریان بۆ فیرعەون برد بۆ نان. فیرعەونیش بە هەموو میسرییەکانی گوت: «بڕۆنە لای یوسف، ئەوەی ئەو پێتان دەڵێت بیکەن.»

[٥٦]قاتوقڕییەکە تەواوی ڕووی خاکەکەی گرتەوە، ئینجا یوسف هەموو ئەمبارەکانی کردەوە و بە میسرییەکانی فرۆشت. قاتوقڕییەکە لە خاکی میسردا توندتر بوو. [٥٧]هەموو زەویش هاتن بۆ میسر هەتا گەنم لە یوسف بکڕن، چونکە قاتوقڕییەکە لە هەموو زەویدا توند بوو.

## براکانی یوسف بۆ میسر دەچن

٤٢ کاتێك یاقوب زانی کە لە میسر گەنم هەیە، ئیتر یاقوب بە کوڕەکانی خۆی گوت: «بۆ سەیری یەکتری دەکەن؟» [٢]گوتی: «بیستوومە وا لە میسر گەنم هەیە. بڕۆنە ئەوێ و لەوێ بۆمان بکڕن، بۆ ئەوەی بژین و نەمرین.»

[٣]ئیتر دە برای یوسف بەرەو خوار چوون بۆ کڕینی گەنم لە میسر. [٤]بەڵام یاقوب بنیامینی برای یوسفی لەگەڵ براکانی نەنارد، چونکە گوتی نەوەك تووشی بەڵایەك بێت. [٥]ئیتر کوڕانی ئیسرائیل هاتن بۆ کڕینی

---

[a] ٥١ وشەی مەنەشە لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی (لەبیربردنەوە)ی عیبری نزیکە.

[b] ٥٢ بە واتای دیسان بەرهەمدارە

گەنم لەگەڵ ئەوانەی هاتبوون، چونکە لە خاکی کەنعان قاتوقڕی هەبوو.

٦یوسف خۆی دەسەڵاتدار بوو لەسەر خاکەکە، خۆی فرۆشیار بوو بۆ هەموو خەڵکەکەی. ئینجا براکانی یوسف هاتن و کڕنۆشیان بۆ برد و سەریان خستە سەر زەوی. ٧کە یوسف تەماشای براکانی خۆی کرد، ئەوانی ناسییەوە. بەڵام خۆی لێ گۆڕین و بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردن، لێی پرسین: «لەکوێوە هاتوون؟»

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «لە خاکی کەنعانەوە بۆ خۆراك کڕین.»

٨هەرچەندە یوسف براکانی خۆی ناسییەوە، بەڵام ئەوان ئەمیان نەناسییەوە. ٩ئینجا یوسف ئەو خەونانەی هاتەوە یاد کە بە ئەوانییەوەی بینیبوو، پێی گوتن: «ئێوە سیخوڕن! بۆ ئەوە هاتوون هەتا ڕووتی خاکەکە ببینن.»

١٠ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «نەخێر گەورەم، بەڵکو خزمەتکارەکانت بۆ ئەوە هاتوون خۆراك بکڕن. ١١ئێمە هەموومان کوڕی پیاوێکین، کەسانێکی سەرڕاستین، خزمەتکارەکانت سیخوڕ نین.»

١٢ئەویش پێی گوتن: «نەخێر، بەڵکو هاتوون هەتا ڕووتی خاکەکە ببینن.»

١٣بەڵام ئەوان گوتیان: «خزمەتکارەکانت دوازدە بران. ئێمە کوڕی پیاوێکین لە خاکی کەنعان. ئەمڕۆ بچووکەکەمان لەلای باوکمانە، یەکێکیشمان بێ سەروشوێنە.»

١٤یوسفیش پێی گوتن: «ئەوەیە کە پێم گوتن، ئێوە سیخوڕن. ١٥ئا بەمەش تاقی دەکرێنەوە، بە گیانی فیرعەون، لێرە ناچنە دەرەوە تەنها بە هاتنی برا بچووکەکەتان نەبێت بۆ ئێرە. ١٦یەکێك لە خۆتان بنێرن هەتا براکەتان بهێنێت، ئێوەش بەند دەکرێن، ئیتر قسەکەتان تاقی دەکرێتەوە کە ئایا ڕاستگۆییتان تێدایە؟ ئەگینا بە گیانی فیرعەون ئێوە سیخوڕن.» ١٧ئیتر سێ ڕۆژ پێکەوە لە زیندانی کردن.

١٨لە ڕۆژی سێیەم یوسف پێی گوتن: «ئەمە بکەن و بژین، من لەخواترسم. ١٩ئەگەر ئێوە سەرڕاستن، با برایەکتان لە زیندانەکەتان زیندانی بکرێت، ئێوەش بڕۆن و گەنم ببەنەوە بۆ برسیێتی ماڵەکانتان. ٢٠بەڵام دەبێت برا بچووکەکەتانم بۆ بهێنن، ئیتر ڕاستی قسەکانتان دەردەکەوێت و نامرن.» ئەوانیش بەم جۆرەیان کرد.

٢١بە یەکتریشیان گوت: «بەڕاستی بەرامبەر بە براکەمان تاوانبارین. کاتێك پەرێشانی گیانیمان بینی، لێمان پاڕایەوە بەڵام گوێمان لێی نەگرت، لەبەر ئەوەشە ئەم تەنگانەیەمان بەسەرهات.»

٢٢ڕەئوبێنیش وەڵامی دانەوە: «ئەی پێم نەگوتن گوناه بەرامبەر بەو کوڕە مەکەن؟ بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت! ئێستا خوێنەکەی داوا دەکرێت.» ٢٣نەشیاندەزانی یوسف لە قسەکانیان دەگات، چونکە لە ڕێگەی زمانزانەوە قسەی لەگەڵ دەکردن.

٢٤ئیتر لێیان جیا بووەوە و دەستی بە گریان کرد، بەڵام دوای ئەوە گەڕایەوە لایان و کەوتەوە قسەکردن لەگەڵیان. ئینجا شیمۆنی لێسەندن و لەپێش چاویان بەستییەوە.

٢٥دوای ئەوە یوسف فەرمانی دا جەواڵەکانیان پڕ بکرێت لە گەنم، زیوی هەریەکەشیان بخرێتەوە هەگبەکەی خۆی، ئازووقەشیان پێبدرێت بۆ ڕێگا. ئیتر وایان بۆ کرا. ٢٦گەنمەکەیان لە گوێدرێژەکانیان بارکرد و لەوێ ڕۆیشتن.

٢٧لەو شوێنەی بۆ مانەوەی شەو لێی ڕاوەستان، یەکێکیان هەگبەکەی خۆی کردەوە بۆ ئەوەی ئالیك بداتە گوێدرێژەکەی، بینی زیوەکەی وا لە دەمی هەگبەکەیەتی. ٢٨بە براکانی خۆی گوت: «زیوەکەم بۆ گەڕێنراوەتەوە، وا لە هەگبەکەمدایە.»

ئەوانیش دڵەکوتێیان تێکەوت و بە ترس و لەرزەوە بە یەکتریان گوت: «ئەمە چییە خودا بە ئێمەی کردووە؟»

٢٩ئینجا هاتنە لای یاقوبی باوکیان لە خاکی کەنعان، هەرچییەکیان بەسەرهاتبوو بۆیان گێڕایەوە و گوتیان: ٣٠«ئەو پیاوەی گەورەی خاکەکەیە بە ڕەقییەوە قسەی لەگەڵ کردین و وای داناین سیخوڕی خاکەکە بین. ٣١بەڵام ئێمە پێمان گوت: ”ئێمە سەرڕاستین و سیخوڕ نین. ٣٢ئێمە دوازدە برای

کوڕی باوکێکین. یەکێکمان نەماوە و بچووکەکەشمان ئەمڕۆ لەلای باوکمانە لە خاکی کەنعان.“

[٣٣]«ئەو پیاوەش کە گەورەی خاکەکەیە پێی گوتین: ”بەمە دەزانم ئێوە سەرڕاستن، با یەکێك لە براکانتان لەلای من بمێنێتەوە و ئەوەی بۆ برسێتی ماڵەکانتان پێویستە ببەن و بڕۆن. [٣٤]ئینجا برا بچووکەکەتانم بۆ بهێنن. ئیتر دەزانم ئێوە سیخوڕ نین، بەڵکو سەرڕاستن. براکەشتان پێدەدەمەوە و لە خاکەکەش بازرگانی خۆتان بکەن.“»

[٣٥]ئەوە بوو کاتێك هەگبەکانیان بەتاڵ دەکردەوە، کیسەی زیوی هەریەکەیان لە هەگبەکەی خۆیدا بوو! ئیتر کە کیسەی زیوەکانیان بینی، خۆیان و باوکیان ترسیان لێ نیشت. [٣٦]یاقوبی باوکیشیان پێی گوتن: «منتان بێبەش کرد. یوسف نەما و شیمۆنیش نەما، ئێستاش بنیامین دەبەن. هەمووی بەسەر مندا شکاوەتەوە.»

[٣٧]ڕەئوبێن بە باوکی گوت: «ئەگەر بۆم نەهێنایەتەوە هەردوو کوڕەکەم بکوژە. بیدە دەستی من، خۆم بۆتی دەهێنمەوە.»

[٣٨]بەڵام یاقوب گوتی: «کوڕی من لەگەڵ ئێوە نایەت، چونکە براکەی مردووە و ئەویش بە تەنها ماوەتەوە. ئەگەر لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن تووشی شتێك بێت، ئەوا سەری سپیم بە خەمەوە دەنێنە ناو جیهانی مردووانەوە.»

## گەشتی دووەم بۆ میسر

٤٣ قاتوقڕی لە خاکەکە درێژەی کێشا و هەر سەخت بوو. [٢]کاتێك لە خواردنی گەنمەکە بوونەوە کە لە میسرەوە هێنابوویان، باوکیان پێی گوتن: «بگەڕێنەوە و هەندێك خۆراکمان بۆ بکڕن.»

[٣]بەڵام یەهودا پێی گوت: «ئەو پیاوە بە تەواوی ئاگاداری کردینەوە و گوتی: ”بەبێ ئەوەی براکەتان لەگەڵ بێت، چاوتان بە چاوم ناکەوێت.“ [٤]ئەگەر براکەمان لەگەڵ بنێریت ئەوا بەرەو خوار دەچین و خۆراکت بۆ دەکڕین. [٥]بەڵام ئەگەر ناینێریت ئەوا بەرەو خوار ناچین، چونکە پیاوەکە پێی گوتین: ”چاوتان بە چاوم ناکەوێت، بێ ئەوەی براکەتان لەگەڵتان بێت.“»

[٦]ئیسرائیلیش لێی پرسین: «بۆچی خراپەتان لەگەڵ کردم بەوەی بە پیاوەکەتان ڕاگەیاند برایەکی دیکەشتان هەیە؟»

[٧]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «پیاوەکە دەربارەی خۆمان و کەسوکارمان پرسیاری لێکردین: ”ئایا باوکتان ماوە؟ برای دیکەتان هەیە؟“ ئێمەش بەپێی ئەم قسانە پێمان ڕاگەیاند. ئایا دەمانزانی کە پێمان دەڵێت: ”براکەتان بۆ ئێرە بهێنن“؟»

[٨]یەهودا بە ئیسرائیلی باوکی گوت: «کوڕەکە لەگەڵ من بنێرە، هەڵدەستین و دەڕۆین، ئیتر ئێمە و تۆ و منداڵەکانمان دەژین و نامرین. [٩]خۆم زامنی دەبم، لە دەستی من داوای دەکەیتەوە. ئەگەر بۆم نەهێنایتەوە و لەبەردەمت ڕام نەگرت ئەوا هەتاهەتایە بەرامبەر بە تۆ تاوانبارم، [١٠]چونکە ئەگەر ئاوا دوانەکەوتباین، ئێستا ئەمە دووەم جار بوو هاتبووینەوە.»

[١١]ئیسرائیلی باوکیشیان پێی گوتن: «ئەگەر وایە، ئەوا ئەمە بکەن، لە باشترین بەرهەمی زەوی بخەنە ناو جەواڵەکانتان و بە دیاری بۆ پیاوەکەی ببەن، هەندێك هەتووان و هەنگوین و بەهارات و مورڕ[a] و بستە و بادەم. [١٢]دوو هێندەش زیو لەگەڵ دەستتان ببەن، ئەو زیوەش کە لە دەمی هەگبەکانتان گەڕێنرابووەوە لەگەڵ دەستی خۆتان بیبەنەوە، لەوانەیە بە هەڵە چووبێت. [١٣]براکەتان ببەن و هەستن بگەڕێنەوە لای پیاوەکە. [١٤]خودای هەرە بە توانا وا بکات ئەو پیاوە بەزەیی هەبێت بەرامبەرتان، تاکو واز لە براکەی دیکەتان و بنیامین بهێنێت. منیش ئەگەر لە منداڵان بێبەش بووم، ئەوا لێیان بێبەشم.»

[١٥]پیاوەکانیش ئەم دیارییەیان هەڵگرت و دوو هێندە زیویشیان لەگەڵ دەستیان هەڵگرت و لەگەڵ بنیامین، هەستان و بەرەو خوار چوون بۆ میسر و لەبەردەم یوسف ڕاوەستان. [١٦]کاتێك یوسف بنیامینی لەگەڵیان بینی، بە سەرکاری ماڵەکەی گوت: «ئەم

[a] ١١ مۆر: بڕوانە ٢٥:٣٧.

پیاوانە ببە ماڵەوە و ئاژەڵێکیش سەر ببڕە و ئامادەی بکە، چونکە ئەم پیاوانە بۆ نیوەڕۆ لەگەڵ خۆم نان دەخۆن.»

[١٧]ئیتر یوسف چۆنی گوت، پیاوەکە ئاوای کرد، پیاوەکانی بردە ماڵی یوسف. [١٨]پیاوەکان ترسان کاتێک برانە ماڵی یوسف، گوتیان: «بەهۆی ئەو زیوەی جاری یەکەم گەڕێنرابووەوە ناو هەگبەکانمان ئێمەیان هێناوەتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی پەلامارمان بدات و بکەوێتە سەرمان و بمانکاتە کۆیلە و گوێدرێژەکانمان ببات.»

[١٩]ئیتر لە سەرکاری ماڵەکەی یوسف چوونە پێشەوە و لەناو دەرگای ماڵەکە قسەیان لەگەڵ کرد. [٢٠]پێیان گوت: «ئەی گەورەم، تکایە، ئێمە یەکەم جار هاتینە ئێرە بۆ کڕینی خۆراک. [٢١]بەڵام کە لە شوێنی شەومانەوەکەمان ڕاوەستاین، هەگبەکانمان کردەوە، بینیمان زیوی هەریەکەمان لە دەمی هەگبەکەی بوو، بە کێشی تەواوی خۆی، ئێمەش لەگەڵ دەستی خۆمان هێنامانەوە. [٢٢]هەروەها زیوی دیکەشمان لەگەڵ دەستی خۆمان هێناوە بۆ ئەوەی خۆراک بکڕین. ناشزانین کێ زیوەکانمانی خستبووە ناو هەگبەکانمان.»

[٢٣]ئەویش پێی گوتن: «ئاشتیتان بۆ ببێت، مەترسن. خوداکەی ئێوە و خوداکەی باوکتان هەگبەکانتانی کردە گەنجینە، من زیوەکانی ئێوەم وەرگرتووە.» ئینجا شیمۆنی بۆ هێنانە دەرەوە.

[٢٤]پیاوەکە ئەوانی هێنایە ژوورەوە بۆ ماڵەکەی یوسف و ئاوی دانێ هەتا پێیان بشۆن و ئالیکی دایە گوێدرێژەکانیان. [٢٥]ئەوانیش دیارییەکەیان ئامادە کرد بۆ کاتی گەیشتنی یوسف لە دەمەو نیوەڕۆ، چونکە بیستبوویان ئەوان لەوێ نان دەخۆن.

[٢٦]کە یوسف گەڕایەوە ماڵ، دیارییەکەیان بۆ هێنا کە لەگەڵ دەستی خۆیان هێنابوویان بۆ ماڵەکە، کڕنۆشیان بۆ برد. [٢٧]ئەویش هەواڵی پرسین و گوتی: «باوکە پیرەکەتان چۆنە کە بۆتان باسکردم؟ ئایا هێشتا ماوە؟»

[٢٨]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «خزمەتکاری خۆت باوکی ئێمە باشە و هێشتاش زیندووە.» ئیتر بۆی نوشتانەوە و کڕنۆشیان بۆی برد.

[٢٩]ئەویش چاوی هەڵبڕی و سەیری بنیامینی برای کوڕی دایکی خۆی کرد و گوتی: «ئەمەیە برا بچووکەکەتان کە بۆتان باسکردم؟» ئینجا گوتی: «کوڕم، خودا میهرەبان بێت لەگەڵت.» [٣٠]ئیتر یوسف پەلەی کرد، چونکە هەناوی گڕی گرت بۆ براکەی و داوای شوێنێکی کرد هەتا تێیدا بگریێت. ئینجا چووە ژوورەکەی خۆی و لەوێ گریا.

[٣١]پاشان دەموچاوی شوشت و هاتە دەرەوە، دانی بەخۆیدا گرت و گوتی: «نان بهێنن.»

[٣٢]ئەوانیش بە جیا خواردنیان بۆ ئەم هێنا و بۆ ئەوانیش بە جیا، بۆ میسرییەکانیشیان بە جیا هێنا کە لای ئەو نانیان دەخوارد، لەبەر ئەوەی میسرییەکان نەیاندەتوانی لەگەڵ عیبرانییەکان پێکەوە نان بخۆن، چونکە لەلای میسرییەکان کارێکی قێزەون بوو. [٣٣]کاتێک بەپێی تەمەنیان لەبەردەمی دانیشتبوون، لە نۆبەرەکەیانەوە هەتا بچووکەکەیان. بە سەرسامیشەوە دەیانڕوانییە یەکتری. [٣٤]کاتێک لە خوانەکەی یوسف خواردن دابەش کرا، بەڵام بەشەکەی بنیامین پێنج ئەوەندەی بەشەکانی هەموویان بوو. ئیتر لەگەڵی خواردیانەوە و خەیاڵ بوون[a].

## جامە زیوەکەی نێو هەگبەکە

٤٤ ئینجا یوسف فەرمانی دا بە سەرکاری ماڵەکەی خۆی و گوتی: «هەگبەی پیاوەکان پڕ بکەن لە خۆراک، ئەوەندەی لە توانایاندایە هەڵیبگرن، زیوی هەریەکەشیان بخەوە دەمی هەگبەکەی. [٢]جامەکەی خۆشم، جامە زیوەکە، لە دەمی هەگبەی بچووکەکەیان دابنێ لەگەڵ نرخی گەنمەکەی.» ئەویش بەپێی قسەکەی یوسف کارەکەی ئەنجام دا.

[٣]کە ڕۆژ بووەوە، پیاوەکان خۆیان و گوێدرێژەکانیان ڕۆیشتن. [٤]کاتێک کە لە شار ڕۆیشتن،

[a] ٣٤ خەیاڵبوون حاڵەتی پێش سەرخۆشبوونە.

هێشتا دوور نەکەوتبوونەوە، یوسف بە سەرکاری
ماڵەکەی خۆی گوت: «هەستە و دوای ئەو پیاوانە
بکەوە، کە پێیان گەیشتیت، پێیان بڵێ: ”بۆچی بە
خراپە پاداشتی چاکەتان دایەوە؟ ٥ ئایا ئەمە ئەو
جامە نییە کە گەورەکەم تێیدا دەخواتەوە و فاڵی پێ
دەگرێتەوە؟ ئەوەی کردتان کارێکی خراپ بوو.“»

٦ ئەویش پێیان گەیشتەوە و ئەم قسانەی پێ
گوتن. ٧ بەڵام ئەوان پێیان گوت: «بۆچی گەورەمان
قسەی وا دەکات؟ دوور بێت لە خزمەتکارەکانت
شتی وا بکەن. ٨ ئەو زیوەی لە دەمی هەگبەکانمان
دۆزیبوومانەوە، وا لە خاکی کەنعانەوە بۆمان
هێنایەتەوە. ئیتر چۆن لە ماڵی گەورەکەت زیو یان
زێڕ دەدزین؟ ٩ لەلای هەرکام لە خزمەتکارەکانت
دۆزرایەوە، ئەوە دەمرێت. ئێمەش دەبینە کۆیلەی
گەورەی خۆمان.»

١٠ ئەویش گوتی: «باشە، ئێستا بەپێی قسەکەی
خۆتان دەبێت. ئەوەی لەلای دەدۆزرێتەوە دەبێتە
کۆیلەی من. ئێوەش بێتاوان دەبن.»

١١ ئیتر هەریەکەیان خێرا هەگبەکەی خۆی داگرتە
سەر زەوی و هەریەکەیان هەگبەکەی خۆی کردەوە.
١٢ ئەویش کەوتە پشکنین، لە گەورەکەیانەوە دەستی
پێکرد و لە بچووکەکەیان تەواو بوو. ئیتر جامەکەی
لە هەگبەکەی بنیامین دۆزییەوە! ١٣ ئەوانیش
جلەکانی بەری خۆیان دادڕی و گوێدرێژەکانیان
بارکردەوە و گەڕانەوە بۆ شارەکە.

١٤ ئینجا یەهودا و براکانی هاتنە ناو ماڵەکەی
یوسف، ئەویش خۆی هێشتا لەوێ بوو، ئیتر
لەبەردەمی کەوتنە سەر زەوی. ١٥ یوسفیش پێی گوتن:
«ئەم کارە چییە ئێوە کردووتانە؟ ئایا نەتاندەزانی
پیاوێکی وەك من فاڵ دەگرێتەوە؟»

١٦ یەهوداش وەڵامی دایەوە: «چی بە گەورەی خۆم
بڵێین؟ قسەی چی بکەین و بە چی پاکانەی خۆمان
بکەین. خودا تاوانی خزمەتکارەکانتی دەرخستووە.
ئێستاش ئێمە کۆیلەی گەورەی خۆمانین، ئێمە و
ئەوەی جامەکەش لە دەستی گیراوە.»

١٧ بەڵام یوسف گوتی: «لە من دوور بێت شتی وا
بکەم! ئەو پیاوەی جامەکەی لە دەست گیراوە ئەو
دەبێتە کۆیلەم. ئێوەش بە سەلامەتی سەربکەونەوە
بۆ لای باوکتان.»

١٨ ئینجا یەهودا لێی چووە پێشەوە و گوتی: «ئەی
گەورەم، تکایە، با خزمەتکاری خۆت قسەیەك بۆ
گەورەکەی بکات. ڕقیشت لە خزمەتکاری خۆت
هەڵنەستێت، چونکە تۆ وەك خودی فیرعەونیت.
١٩ گەورەم لە خزمەتکارانی خۆی پرسی: ”ئایا باوك
یان براتان هەیە؟“ ٢٠ ئێمەش بە گەورەمان گوت:
”باوکێکی پیرمان هەیە، کوڕێکی بچووکی تەمەنی
پیری ئەویشمان هەیە، براکەی مردووە و خۆی بە
تەنها بۆ دایکی ماوەتەوە، باوکیشی خۆشی دەوێت.“

٢١ «تۆش بە خزمەتکارانی خۆتت گوت: ”بۆم بهێنن
هەتا بە چاوی خۆم ببینم.“ ٢٢ ئێمەش بە گەورەمان
گوت: ”کوڕەکە ناتوانێت باوکی بەجێبهێڵێت، چونکە
ئەگەر باوکی بەجێبهێڵێت باوکی دەمرێت.“ ٢٣ بەڵام
تۆ بە خزمەتکارەکانی خۆتت گوت: ”ئەگەر برا
بچووکەکەتان لەگەڵتان بەرەو خوار نەهات، ئەوا
چاوتان بە چاوم ناکەوێتەوە.“ ٢٤ ئەوە بوو کاتێك
گەڕاینەوە لای خزمەتکاری خۆت، باوکمان، قسەکانی
گەورەی خۆممان پێی ڕاگەیاند.

٢٥ «پاشان باوکمان پێی گوتین: ”بگەڕێنەوە
و هەندێك خواردنمان بۆ بکڕن.“ ٢٦ بەڵام ئێمە
گوتمان: ”ناتوانین بەرەو خوار بچین، تەنها ئەگەر
برا بچووکەکەمان لەگەڵ بێت بەرەو خوار دەچین،
چونکە ناتوانین چاومان بە چاوی پیاوەکە بکەوێت و
برا بچووکەکەشمان لەگەڵ نەبێت.“

٢٧ «خزمەتکارەکەت، باوکمان پێی گوتین: ”ئێوە
دەزانن ژنەکەم دوو کوڕی بۆم بووە، ٢٨ یەکێکیان
لەلای من ڕۆیشت، گوتم، ’هەبێت و نەبێت
پارچەپارچە کراوە.‘ هەتا ئێستاش چاوم پێ
نەکەوتووەتەوە. ٢٩ خۆ ئەگەر ئەمەشیان لەبەردەمم
ببەن و بەڵایەکی بەسەربێت، ئەوا مووە سپییەکانم
بە خەم و پەژارەوە دەنێنە ناو جیهانی مردووانەوە.“

٣٠ «ئێستاش ئەگەر بچمەوە لای خزمەتکاری
خۆت، باوکم، کوڕەکەشمان لەگەڵ نەبێت و گیانیشی

پەیوەستە بە گیانی ئەمەوە، ٣١ئیتر هەر کە بینی
کوڕەکە دیار نییە، ئەوا بۆ خۆی دەمرێت. ئێمەی
خزمەتکارانیشت سەر سپی خزمەتکارت، باوکمان،
بە خەم و پەژارەوە دادەگرینە ناو جیهانی مردووان،
٣٢چونکە خزمەتکاری خۆت زامنی سەلامەتی کوڕەکەی
کردووە لەلای باوکم. گوتوومە: ”ئەگەر بۆم نەهێنایەتەوە
ئەوا هەتاهەتایە تاوانبارم بەرامبەر بە باوکم!“
٣٣«ئێستاش با خزمەتکاری خۆت لە جیاتی کوڕەکە
بمێنێتەوە و ببێتە کۆیلەی گەورەی خۆم، کوڕەکەش
لەگەڵ براکانی بگەڕێتەوە. ٣٤چۆن بگەڕێمەوە لای
باوکم و ئەو کوڕە لەگەڵ من نەبێت؟ نەوەک ئەو
مەینەتییە ببینم کە بەسەر باوکمدا دێت.»

## خۆدەرخستنی یوسف

٤٥ ئیتر یوسف نەیتوانی خۆی ڕابگرێت
لەبەردەم هەموو ئەوانەی لەلای
ڕاوەستابوون، هاواری کرد: «هەمووان لەلام بڕۆنە
دەرەوە!» ئیتر کەسی لێ نەمابوو کاتێک خۆی
بە براکانی ناساند. ٢بە دەنگێکی وا بەرز گریا کە
میسرییەکان گوێیان لێبوو، ماڵی فیرعەونیش ئەمەی
بیست.

٣یوسف بە براکانی گوت: «من یوسفم. ئایا باوکم
هێشتا ماوە؟»

بەڵام براکانی نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە، چونکە
لەبەردەم یوسف تۆقین.

٤ئینجا یوسف بە براکانی گوت: «لێم وەرنە
پێشەوە.» ئەوانیش هاتنە پێشەوە، ئەمیش گوتی:
«من یوسفی براتانم کە بە میسرتان فرۆشت.
٥ئێستاش نە داخ هەڵبکێشن و نە لەسەر دڵیشتان
گران بێت کە منتان بە ئێرە فرۆشتووە، چونکە بۆ
مانەوەی ژیان بوو کە خودا منی پێش ئێوە نارد.
٦ئەمە دوو ساڵە لە خاکەکە قاتوقڕی هەیە، بۆ پێنج
ساڵی دیکەش نە کێڵان دەبێت و نە دروێنە. ٧بەڵام
خودا منی پێش ئێوە نارد بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژتان
لە زەوی، بۆ ژیان بۆتان، بۆ دەربازبوونێکی مەزن.

٨«ئێستاش ئێوە نین کە منتان بۆ ئێرە نارد،
بەڵکو خودایە منی کردووەتە باوك بۆ فیرعەون و
گەورەی هەموو ماڵەکەی و فەرمانڕەوای هەموو
خاکی میسر. ٩پەلە بکەن و بڕۆنە لای باوکم و پێی
بڵێن: ”یوسفی کوڕت وای گوت، خودا منی کردووە
بە گەورەی هەموو میسر. بەرەو خوار وەرە بۆ
لام و ڕامەوەستە. ١٠لە ناوچەی گۆشەن نیشتەجێ
دەبیت و لە من نزیك دەبیت، خۆت و کوڕەکانت
و کوڕی کوڕەکانت و ڕانە مەڕەکەت و گاگەلەکەت
و هەرچییەکت هەیە. ١١لەوێ خۆم بەخێوت دەکەم،
چونکە قاتوقڕییەکە هێشتا پێنج ساڵی ماوە. ئەگینا
خۆت و ماڵەکەت و هەرچیشت هەیە هەژار دەبن.“

١٢«وا بە چاوی خۆتان دەبینن، هەروەها چاوی
بنیامینی براشم، کە بەڕاستی دەمی منە قسەتان
لەگەڵ دەکات. ١٣هەموو مەزنی من لە میسر بە
باوکم ڕابگەیەنن، لەگەڵ هەموو ئەوەی بینیوتانە، بە
پەلەش باوکم بۆ ئێرە بهێنن.»

١٤ئینجا خۆی بەسەر شانی بنیامین دادا و گریا،
بنیامینیش لەسەر شانی گریا. ١٥ئینجا هەموو براکانی
ماچکرد و لەگەڵیان گریا. لەدوای ئەوە براکانی
قسەیان لەگەڵی کرد.

١٦هەواڵەکە لە ماڵی فیرعەون بیسترا و گوترا، «براکانی
یوسف هاتوون،» فیرعەون و دەستوپێوەندەکەی پێیان
باش بوو. ١٧فیرعەون بە یوسفی گوت: «بە براکانت بڵێ:
”ئەمە بکەن: وڵاخەکانتان بار بکەن و بڕۆن بۆ خاکی
کەنعان. ١٨باوکتان و ماڵتان هەڵبگرن و وەرنە لام، منیش
باشترین خاکی میسرتان دەدەمێ، لە چەوری زەوییەکە
بخۆن.“

١٩«هەروەها تۆ فەرمانت پێکراوە فەرمانیان
پێبکە: ”ئەمە بکەن: لە خاکی میسرەوە عەرەبانە
ببەن بۆ ژن و منداڵەکانتان، باوکیشتان سەربخەن و
وەرن. ٢٠با چاویشتان لەدوای کەلوپەلەکانتان نەبێت،
چونکە چاکی هەموو خاکی میسر بۆ ئێوە دەبێت.“»

٢١کوڕەکانی ئیسرائیلیش بەم جۆرەیان کرد.
یوسفیش لەسەر زاری فیرعەون، عەرەبانەی دانێ،
هەروەها ئازووقەشی دانێ بۆ ڕێگا. ٢٢هەریەکەیان
قاتێك جلی دانێ، بەڵام بۆ بنیامین سێ سەد شاقل

زیو[a] و پێنج قات جلی دایێ. ٢٣ئەمانەشی بۆ باوکی
نارد، دە گوێدرێژی بارکراو لە خێروبێری میسر، دە
ماکەری بارکراو لە گەنم و نان و خۆراك بۆ ڕێگا بۆ
باوکی. ٢٤ئینجا براکانی بەڕێ کرد و ڕۆیشتن، پێشی
گوتن: «لە ڕێگا بەگژ یەکدا مەچن!»
٢٥ئەوانیش لە میسرەوە چوون و هاتنەوە خاکی
کەنعان بۆ لای یاقوبی باوکیان. ٢٦پێیان ڕاگەیاند و
گوتیان: «یوسف هێشتا زیندووە، خۆی فەرمانڕەوای
هەموو خاکی میسرە!» یاقوبیش بووریایەوە، چونکە
بڕوای پێ نەکردن. ٢٧بەڵام کاتێك هەموو ئەو قسانەی
یوسفیان پێ گوت کە پێی گوتبوون، چاویشی بە
عەرەبانەکان کەوت کە یوسف ناردبوونی بۆ ئەوەی
بیهێننە میسر، بەوەش ڕۆحی یاقوبی باوکیان ژیایەوە.
٢٨ئیسرائیل گوتی: «بەسە! یوسفی کوڕم هێشتا ماوە،
دەچم و پێش ئەوەی بمرم دەیبینم.»

## چوونی یاقوب بۆ میسر

٤٦ ئیتر ئیسرائیل بە هەرچییەکەوە کە
هەیبوو کۆچی کرد، هاتە بیری شابەع و
قوربانی بۆ خودای ئیسحاقی باوکی سەربڕی.
٢خودا بە شەو لە بینینێکدا بە ئیسرائیلی فەرموو:
«یاقوب! یاقوب!»
ئەویش گوتی: «ئەوەتام.»
٣فەرمووی: «من خودام، خودای باوکتم. مەترسە
لە چوونت بۆ میسر، چونکە لەوێ دەتکەمە
نەتەوەیەکی مەزن. ٤من لەگەڵ تۆ دێمە میسر،
بێگومان خۆشم دەتگەڕێنمەوە. یوسفیش دەستی
خۆی دەنێتە سەر چاوەکانت.»
٥ئیتر یاقوب لە بیری شابەع هەستا، کوڕەکانی
ئیسرائیلیش یاقوبی باوکیان و منداڵەکانیان و
ژنەکانیان هەڵگرت و سواری ئەو عەرەبانانەیان کردن
کە فیرعەون بۆ هەڵگرتنی ئەو ناردبووی. ٦هەروەها
لەگەڵ خۆیان مەڕوماڵاتەکەیان و ئەو کەلوپەلانەی
لە خاکی کەنعان دەستیان کەوتبوو هەڵیانگرت و
هاتنە میسر، یاقوب و هەموو نەوەکانی لەگەڵی.
٧کوڕ و کوڕەزا و کچ و کچەزاکانی، هەموو نەوەکەی
لەگەڵ خۆی هێنایە میسر.
٨ئەمانەش ناوی کوڕەکانی ئیسرائیلن کە هاتنە
میسر، یاقوب و نەوەکانی:

ڕەئوبێن کوڕە نۆبەرەی یاقوب.
٩کوڕەکانی ڕەئوبێن:
حەنۆك، پەلو، حەسرۆن و کەرمی.
١٠کوڕەکانی شیمۆن:
یەموئێل، یامین، ئۆهەد، یاکین و چۆحەر،
هەروەها شائوول کە لە ژنێکی کەنعانی بوو.
١١کوڕەکانی لێڤی:
گێرشۆن، قەهات و مەراری.
١٢کوڕەکانی یەهودا:
ئێر، ئۆنان، شالەح، پێرێز و زەرەح، بەڵام ئێر و
ئۆنان لە خاکی کەنعان مردن.
کوڕەکانی پێرێزیش ئەمانە بوون:
حەسرۆن و حامول.
١٣کوڕەکانی یەساخار:
تۆلاع، پوڤە، یاشوڤ و شیمرۆن.
١٤کوڕەکانی زەبولون:
سەرەد، ئێلۆن و یەحلئێل.
١٥ئەمانە کوڕەکانی لێئەن کە بۆ یاقوبی بوون لە
پەدان ئارام، لەگەڵ دینەی کچیشی. هەموو کوڕ و
کچەکانی سی و سێ کەس بوون.

١٦کوڕەکانی گاد:
چیفۆن، حەگی، شونی، ئەچبۆن، عێری،
ئەرۆدی و ئەرئێلی.
١٧کوڕەکانی ئاشێر:
یمنە، یەشڤە، یەشڤی و بەریعە
لەگەڵ سەرەحی خوشکیان.
کوڕەکانی بەریعە:
حەڤەر و مەلکیێل.
١٨ئەمانەش کوڕەکانی زیلپە بوون کە لابان دابووی
بە لێئەی کچی. ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب خستەوە
کە شازدە کەس بوون.

[a] ٢٢ نزیکەی ٥,٣ کیلۆگرام.

[١٩]دوو کوڕەکەی ڕاحێلی ژنی یاقوب:
یوسف و بنیامین. [٢٠]لە خاکی میسریش، مەنەشە و ئەفرایم بۆ یوسف لەدایك بوون لە ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهینی ئۆن.
[٢١]کوڕەکانی بنیامین:
بەلەع، بەکەر، ئەشبێل، گێرا، نەعمان، ئێحی، ڕۆش، موپیم، حوپیم و ئەرد.
[٢٢]ئەمانە کوڕەکانی ڕاحێلن کە بۆ یاقوبی بوون. هەموویان چواردە کەس بوون.

[٢٣]کوڕەکەی دان:
حوشیم.
[٢٤]کوڕەکانی نەفتالی:
یەحزئێل، گۆنی، یێچەر و شلێم.
[٢٥]ئەمانە کوڕەکانی بیلهە بوون کە لابان دابووی بە ڕاحێلی کچی. ئەویش ئەمانەی بۆ یاقوب بوو. هەموویان حەوت کەس بوون.

[٢٦]هەموو ئەوانەی لەگەڵ یاقوب هاتنە میسر و لە پشتی ئەوەوە دەرچووبوون، جگە لە ژنانی کوڕەکانی، شەست و شەش کەس بوون. [٢٧]بە هەردوو کوڕەکەی یوسفەوە کە لە میسر لەدایك ببوون، سەرجەمی کەسانی ماڵی یاقوب کە هاتنە میسر، حەفتا[a] کەس بوون.

[٢٨]یاقوب یەهودای لەپێش خۆیەوە نارد بۆ لای یوسف هەتا بەرەو گۆشەن ڕێنمایی بکات. ئینجا هاتنە ناوچەی گۆشەن. [٢٩]یوسف گالیسکەکەی خۆی بەستەوە و بەرەو گۆشەن هەڵکشا بۆ پێشوازیکردنی ئیسرائیلی باوکی. کە بینی دەستی لە ملی کرد و بۆ ماوەیەك گریا.
[٣٠]ئیسرائیل بە یوسفی گوت: «ئێستا با بمرم، لەدوای ئەوەی ڕووی تۆم بینی و زانیم هێشتا زیندوویت.»
[٣١]ئینجا یوسف بە براکانی و ماڵی باوکی گوت: «دەچم و بە فیرعەون ڕادەگەیەنم، پێی دەڵێم: ”براکانم و ماڵی باوکم کە لە خاکی کەنعان بوون، هاتنە لام. [٣٢]پیاوەکانیش شوانی مەڕن، چونکە خاوەن ماڵاتن، جا مەڕ و مانگاکانیان و هەرچییان هەیە هێناویانە.“ [٣٣]ئینجا ئەگەر فیرعەون بانگی کردن و گوتی: ”کارتان چییە؟“ [٣٤]دەڵێن: ”خزمەتکارانت خاوەن ماڵاتن، لە منداڵیمانەوە هەتا ئێستا، خۆمان و باوباپیرانمان،“ بۆ ئەوەی لە ناوچەی گۆشەن نیشتەجێ بن، چونکە میسرییەکان قێزیان لە هەموو شوانێکی مەڕ دەبێتەوە.»

٤٧ یوسف چوو و بە فیرعەونی گوت: «باوکم و براکانم، بە ڕانە مەڕ و مانگایان و هەرچی هەیانە، لە خاکی کەنعانەوە هاتوون، ئێستا ئەوان لە خاکی گۆشەنن.» [٢]لەنێو براکانی پێنج پیاوی برد و لەبەردەم فیرعەون ڕای گرتن.
[٣]فیرعەونیش لە براکانی پرسی: «کارتان چییە؟»
ئەوانیش بە فیرعەونیان گوت: «خزمەتکارانت شوانی مەڕن، خۆشمان و باوباپیرانیشمان.» [٤]هەروەها بە فیرعەونیان گوت: «بۆ ئاوارەبوون لەم خاکە هاتووین، چونکە لەوەڕگا نەماوە بۆ مەڕەکانی خزمەتکارانت، لەبەر ئەوەی قاتوقڕییەکە لە خاکی کەنعان سەختە، ئێستاش ڕێگا بدە با خزمەتکارانت لە خاکی گۆشەن نیشتەجێ بن.»
[٥]فیرعەون لەگەڵ یوسف قسەی کرد و پێی گوت: «باوکت و براکانت هاتوون بۆ لای تۆ. [٦]خاکی میسر لەبەردەمتە، باوکت و براکانت لە باشترین خاك نیشتەجێ بکە. با لە خاکی گۆشەن نیشتەجێ بن. ئەگەر زانیشت لەنێویان کەسانی بە توانا هەیە، ئەوا بیانکە بە سەرکاری ئەو ماڵاتەی هی خۆمن.»
[٧]ئینجا یوسف یاقوبی باوکی هێنایە ژوورەوە و بە فیرعەونی ناساند. یاقوبیش داوای بەرەکەتی بۆ فیرعەون کرد. [٨]فیرعەونیش بە یاقوبی گوت: «تەمەنت چەند ساڵە؟»
[٩]یاقوبیش بە فیرعەونی گوت: «سەد و سی ساڵە گەڕۆکم. تەمەنم کەم و سەخت بووە، هێشتا تەمەنم تەمەنی گەڕۆکی باوباپیرانمی تێنەپەڕاندووە.» [١٠]ئیتر یاقوب داوای بەرەکەتی بۆ فیرعەون کرد و لەلای فیرعەون هاتە دەرەوە.
[١١]ئینجا یوسف باوکی و براکانی خۆی لە خاکی میسر نیشتەجێ کرد، لە باشترین زەوی لە خاکی

[a] ٢٧ بڕوانە دەرچوون ٥:١.

میسر موڵکی پێدان، لە خاکی ڕەعمسێس، بەپێی فەرمانی فیرعەون. [١٢]هەروەها یوسف باوکی و براکانی و هەموو ماڵی باوکیشی بەپێی ژمارەی منداڵەکانیان بە نان بەخێو کرد.

## یوسف و برسێتییەکە

[١٣]لە هەموو خاکەکەدا نان نەبوو، چونکە قاتوقڕییەکە زۆر سەخت بوو، خاکی میسر و خاکی کەنعان بەهۆی قاتوقڕییەکەوە لە کەڵك کەوتبوون. [١٤]یوسف هەموو ئەو زیوەی کۆکردەوە کە لە خاکی میسر و خاکی کەنعاندا هەبوون، لە جیاتی ئەو گەنمەی دەیانکڕی، یوسفیش زیوەکەی هێنایە ماڵی فیرعەون. [١٥]کاتێك کە زیو لە خاکی میسر و لە خاکی کەنعان نەما، هەموو میسرییەکان هاتنە لای یوسف و گوتیان: «نانمان بۆ بهێنە! بۆچی لەبەردەمت بمرین لەبەر ئەوەی زیو تەواو بووە؟»

[١٦]یوسفیش پێی گوتن: «ئاژەڵە ماڵاتەکانتان بهێنن، منیش لە جیاتی ماڵاتەکانتان نانتان دەدەمێ، ئەگەر زیو تەواو بووە.» [١٧]ئینجا ماڵاتەکانیان بۆ یوسف هێنا، ئەویش نانی پێدان، لە جیاتی ئەسپ و مەڕ و بزن و چێڵ و گوێدرێژەکانیان. ئیتر ئەو ساڵە لە جیاتی هەموو ماڵاتەکانیان نانی دان.

[١٨]کە ئەو ساڵە تەواو بوو، بۆ ساڵی دووەم هاتنەوە بۆ لای و پێیان گوت: «لە گەورەمانی ناشارینەوە زیوەکانمان تەواو بوون، ماڵاتەکانیشمان لەلای گەورەمانە، ئیتر هیچ لەپێش گەورەمان نەماوە تەنها لەشمان و زەوییەکەمان نەبێت. [١٩]بۆچی لەپێش چاوت بمرین، خۆمان و زەوییەکەشمان؟ بە نان خۆمان و زەوییەکەمان بکڕە، ئیتر خۆمان و زەوییەکەشمان دەبینە کۆیلەی فیرعەون. تۆویشمان بدەرێ بۆ ئەوەی بژین و نەمرین، با زەوییەکەشمان نەبێتە چۆڵەوانی.»

[٢٠]یوسفیش هەموو خاکی میسری بۆ فیرعەون کڕی، چونکە هەرچی میسری هەبوو کێڵگەکەی خۆی فرۆشت، لەبەر ئەوەی قاتوقڕییەکە زۆر سەخت بوو لەسەریان. ئیتر خاکەکە بووە هی فیرعەون. [٢١]یوسف خەڵکەکەشی لەم سەری میسرەوە هەتا ئەو سەری بە کۆیلە کرد. [٢٢]تەنها زەوی کاهینەکانی نەکڕی، چونکە کاهینەکان لەلایەن فیرعەونەوە بەشە خۆراکیان هەبوو، ئیتر بەشە خۆراکەکەی خۆیان دەخوارد کە فیرعەون دەیدانێ. لەبەر ئەوە زەوییەکەی خۆیان نەفرۆشت.

[٢٣]ئینجا یوسف بە خەڵکەکەی گوت: «وا ئەمڕۆ خۆتان و زەوییەکەتانم بۆ فیرعەون کڕی، ئەوەش تۆوە بۆ ئێوە هەتا لە زەوی بیچێنن. [٢٤]بەڵام کاتێك لە خەرماناندا پێنج یەکی خەرمانەکەتان دەدەنە فیرعەون، چوار بەشەکەی دیکە بۆ خۆتان دەبێت، بۆ بنەتۆ[a] و بۆ خۆراکی خۆتان و ئەوانەی لە ماڵەکانتانن و بۆ خۆراکی منداڵەکانتان.»

[٢٥]ئەوانیش گوتیان: «تۆ ئێمەت بە زیندوویی هێشتەوە، خۆزگە گەورەکەمان لێمان ڕازی بووایە و ببینە کۆیلەی فیرعەون.»

[٢٦]ئیتر یوسف ئەمەی لەسەر خاکی میسر کردە یاسا، هەتا ئەمڕۆش، پێنج یەکی بەرهەمی کشتوکاڵ بۆ فیرعەونە، تەنها زەوی کاهینەکان نەبێت کە نەبووە هی فیرعەون.

[٢٧]نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر لە ناوچەی گۆشەن نیشتەجێ بوو، لەوێ بوونە خاوەن موڵك و گەشەیان کرد، زۆریش زیادیان کرد.

[٢٨]یاقوب حەڤدە ساڵ لە خاکی میسر ژیانی بردە سەر. هەموو تەمەنی یاقوب بووە سەد و چل و حەوت ساڵ. [٢٩]کاتێك ڕۆژانی ئیسرائیل نزیك بووەوە لە مردن، یوسفی کوڕی بانگکرد و پێی گوت: «ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم ئەوا دەستت بخەرە ژێر ڕانمەوە و چاکە و وەفاداریم لەگەڵ بکە، لە میسر مەمنێژە، [٣٠]بەڵکو کاتێك لەگەڵ باوباپیرانم ڕادەکشێم، لە میسرەوە هەڵمبگرە و لە گۆڕستانی ئەواندا بمنێژە.»

ئەمیش گوتی: «من بەپێی قسەکەی تۆ دەکەم.»

[٣١]ئەویش پێی گوت: «سوێندم بۆ بخۆ.» یوسفیش سوێندی بۆ خوارد. ئیسرائیلیش لەسەر قەرەوێڵەکەی کڕنۆشی برد.

[a] ٢٤ واتە تۆوی چاندن.

## مەنەشە و ئەفرایم

٤٨ ئەوە بوو دوای ئەمانە بە یوسف گوترا: «باوکت نەخۆشە.» ئەویش هەردوو کوڕەکەی خۆی مەنەشە و ئەفرایمی لەگەڵ خۆی برد. [٢] بە یاقوب ڕاگەیەنرا و گوترا: «وا یوسفی کوڕت دێتە لای تۆ.» ئیسرائیلیش هێزی دایە بەرخۆی و هەر لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت.

[٣] ئینجا یاقوب بە یوسفی گوت: «خودای هەرە بە توانام لە لوز لە خاکی کەنعان بۆ دەرکەوت و بەرەکەتداری کردم. [٤] پێی فەرمووم: ”وا من بەردارت دەکەم و ژمارەت زۆر دەکەم، دەتکەمە چەندین نەتەوە، ئەم زەوییەش لەدوای خۆت دەدەمە نەوەکەت، بە موڵکی هەتاهەتایی.“

[٥] «ئێستاش دوو کوڕەکەی خۆت کە لە خاکی میسر بۆت لەدایك بوون پێش ئەوەی من لە میسر بێمە لات ئەوا بۆ منن، ئەفرایم و مەنەشە وەك ڕەئوبێن و شیمۆن دەبن بۆم. [٦] بەڵام منداڵەکانی دیکەت کە لەدوای ئەمان لەدایك دەبن بۆت ئەوا دەبنە هی تۆ، لەژێر ناوی دوو براکەیان بەشە میراتیان دەبێت. [٧] خۆشم لە هاتنم لە پەدانەوە ڕاحێل لەلام مرد، لە خاکی کەنعان لە ڕێگا کە ماوەیەکی کەمی مابوو بگەمە ئەفرات. هەر لەوێ لەسەر ڕێگای ئەفرات ناشتم،» کە بێت‌لەحمە.

[٨] ئینجا ئیسرائیل دوو کوڕەکەی یوسفی بینی و گوتی: «ئەمانە کێن؟»

[٩] یوسفیش بە باوکی گوت: «ئەوانە دوو کوڕەکەی منن کە خودا لێرە پێی بەخشیوم.»

ئەمیش گوتی: «بیانهێنە لام تاکو داوای بەرەکەتیان بۆ بکەم.»

[١٠] هەردوو چاوی ئیسرائیل بەهۆی پیرییەوە کز ببوون و پەکی بینینیان کەوتبوو. بۆیە یوسف هەردووکیانی هێنایە لای، ئەویش ماچی کردن و باوەشی پێدا کردن.

[١١] ئینجا ئیسرائیل بە یوسفی گوت: «چاوەڕوان نەبووم ڕووی تۆ ببینم، کەچی ئێستا خودا نەوەکەی تۆشی نیشان دام.»

[١٢] یوسف هەردووکیانی لەنێوان ئەژنۆی دەرهێنا و لەبەردەمی کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر زەوی. [١٣] ئینجا یوسف دەستی دایە هەردووکیان، ئەفرایمی لەلای ڕاستی خۆی بەرامبەر دەستی چەپی ئیسرائیل و مەنەشەشی لەلای چەپی خۆی بەرامبەر دەستی ڕاستی ئیسرائیل، لێ نزیك خستنەوە. [١٤] بەڵام ئیسرائیل دەستی ڕاستی خۆی درێژکرد و خستییە سەر سەری ئەفرایم، کە بچووکەکەیان بوو، دەستی چەپیشی خستە سەر سەری مەنەشە، دەستەکانی ژیرانە دانا، چونکە مەنەشە نۆبەرەکە بوو.

[١٥] ئینجا داوای بەرەکەتی بۆ یوسف کرد و گوتی:

«ئەو خودایەی کە باوانم دۆستایەتییان لەگەڵی[a] کرد،
ئیبراهیم و ئیسحاق،
ئەو خودایەی کە شوانایەتی[b] کردووم
لە بوونمەوە هەتا ئەمڕۆ،
[١٦] ئەو فریشتەیەی لە هەموو خراپەیەك منی کڕییەوە،
ئەم دوو کوڕە بەرەکەتدار بکات.
با بە ناوی خۆم و بە ناوی باوانم
ئیبراهیم و ئیسحاقەوە ناوببرێن،
با لەناو خاکەکەش زۆر زیاد بن.»

[١٧] کە یوسف بینی باوکی دەستی ڕاستی خستووەتە سەر سەری ئەفرایم، ئەوەی پێ ناخۆش بوو، ئیتر دەستی باوکی گرت هەتا لەسەر سەری ئەفرایمەوە بیخاتە سەر سەری مەنەشە. [١٨] یوسف بە باوکی گوت: «ئاوا نا، باوکە، چونکە ئەمە نۆبەرەکەیە، دەستی ڕاستی خۆت بخەرە سەر سەری.»

[١٩] بەڵام باوکی ڕازی نەبوو، گوتی: «دەزانم کوڕی خۆم، دەزانم. هەروەها ئەویش دەبێتە نەتەوەیەك و مەزنیش دەبێت. بەڵام برا بچووکەکەی لەو مەزنتر دەبێت و نەوەشی دەبێتە چەندین نەتەوە.» [٢٠] ئیتر لەو ڕۆژەدا داوای بەرەکەتی بۆ کردن و گوتی:

---

[a] ١٥ بڕوانە ٢٢:٥.

[b] ١٥ شوانایەتی: بڕوانە زەبوورەکان ٢٣.

«بە ناوی تۆوە نەوەی ئیسرائیل داوای ئەم
بەرەکەتە دەکات:
”خودا وەك ئەفرایم و مەنەشەت لێ بکات.“»

جا ئەفرایمی خستە پێش مەنەشە.
٢١ ئیسرائیل بە یوسفی گوت: «ئەوا دەمرم، بەڵام
خودا لەگەڵتان دەبێت و دەتانگەڕێنێتەوە خاکی
باوباپیرانتان. ٢٢ منیش بەشێك زیاتر لە بەشی براکانت
دەدەمە تۆ، ئەوەی بە شمشێرەکەم و کەوانەکەم لە
چنگی ئەمورییەکان وەرمگرت.»

## یاقوب داوای بەرەکەت بۆ کوڕەکانی دەکات

٤٩ ئینجا یاقوب کوڕەکانی خۆی بانگکرد و
گوتی: «کۆببنەوە هەتا پێتان ڕابگەیەنم کە
لە ڕۆژانی داهاتوودا چیتان بەسەردێت.

٢ «ئەی کوڕانی یاقوب، کۆببنەوە و گوێ بگرن،
گوێ لە ئیسرائیلی باوکتان بگرن.

٣ «ڕەئوبێن، تۆ نۆبەرەکەی منیت،
هێزی منیت و یەکەم توانامیت،
سەری شانازی و سەری هێزی.
٤ هەڵچوو وەك ئاو، باڵادەست نابیت،
چونکە چوویتە سەر پێخەفەکەی باوکت،
گڵاوت کرد، سەرکەوتیتە سەر نوێنەکەم.

٥ «شیمۆن و لێڤی بران،
بە چەکی توندوتیژی چەکدارن.[a]
٦ من ناچمە ناو کۆڕی ڕاوێژیان،
سەنگینی من یەك ناگرێتەوە لەگەڵ
کۆمەڵەکەیان،
چونکە لە تووڕەبوونیان مرۆڤیان کوشت و
لە ئارەزوومەندییان گایان لەپێ خست.
٧ نەفرەت لە تووڕەییان کەوا توندە،
لە هەڵچوونیان کەوا سەختە.
لەناو یاقوب بەشیان دەکەم و
لەناو ئیسرائیل بڵاوەیان پێ دەکەم.

٨ «یەهودا[b]، براکانت ستایشی تۆ دەکەن،
دەستت لەسەر پشتەملی دوژمنانت دەبێت،
کوڕانی باوکیشت کڕنۆشت بۆ دەبەن.
٩ بەچکە شێرە یەهودا،
لەسەر نێچیر گەڕایتەوە، کوڕی خۆم.
خۆی نوشتاندەوە، خۆی مات دا، وەك شێر،
وەك شێرە مێ، کێ هەڵیدەستێنێت؟
١٠ داردەستەکە لە یەهودا دانابڕێت،
گۆچانی فەرمانکردنیش لەنێو قاچەکانی،
هەتا ئەو کەسە دێت کە خاوەنیەتی،[c]
گەلان هەر بۆ ئەو ملکەچ دەبن.
١١ نێرەکەرەکەی بە دار مێو دەبەستێتەوە و
ماکەرەکەی بە باشترین لقە مێوەوە.
جلەکانی لەناو شەراب دەشوات و
پۆشاکەکەی لەناو خوێنی ترێ.
١٢ چاوەکانی لە شەراب تۆخترن و
ددانەکانی لە شیر سپیترن.

١٣ «زەبولون لە کەناری دەریا نیشتەجێ دەبێت،
دەبێتە بەندەری کەشتییەکان،
سنووریشی هەتا سەیدا دەبێت.

١٤ «یەساخار نێرەکەرێکی زەبەلاحە و
لەنێوان دوو هەگبە مات بووە.
١٥ بینی شوێنێکی باشە بۆ پشوودان و
زەوییەکەی دڵگیرە،
شانی دەچەمێتەوە بۆ بار و
دەبێتە کۆیلەی کاری زۆرەملێ.

١٦ «دان دادوەری گەلەکەی خۆی دەکات،
وەك یەکێك لە هۆزەکانی ئیسرائیل.
١٧ دان مارێك دەبێت لەسەر ڕێگا،
مارێکی ژەهراوی لەسەر ڕێڕەو،
بە پاژنەی ئەسپەوە دەدات و

[a] ٥ مەبەست لە بیرکردنەوەی توندوتیژی شیمۆن و لێڤییە لە دژی خەڵکی شەخەم. بڕوانە ٢٥:٣٤.

[b] ٨ وشەی (یەهودا) لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی (ستایش)ی عیبری نزیکە.

[c] ١٠ پێشبینییەکە بۆ هاتنی مەسیح.

سوارەکەی بەرەو دواوە بەردەبێتەوە.

١٨ «ئەی یەزدان، چاوەڕێی ڕزگاریی تۆم.

١٩ «چەتە پەلاماری گاد دەدەن،
بەڵام ئەو دەگاتە پاژنەی پێیان و پەلاماریان دەدات.

٢٠ «لە ئاشێر نانی چەور دەبێت،
ئەو خۆشی دەداتە پاشایان.

٢١ «نەفتالی ئاسکێکی دەرپەڕیوە و
بەچکەی جوانی دەبێت.

٢٢ «یوسف مێوێکی بەردارە،
مێوێکی بەردارە لەسەر کانیاو،
چڵەکانی بەسەر دیوارێکدا هەڵگەڕاون.
٢٣ تیرئەندازان بە جۆش پەلاماریان دا و
ڕمیان تێگرت و هەراسانیان کرد.
٢٤ بەڵام کەوانەکەی بە توندوتۆڵی مایەوە،
بازووەکانی دەستی لێزان بوون،
بە دەستی تواناداره‌کەی یاقوب،
بە ناوی شوانی بەردەکەی ئیسرائیل[a]،
٢٥ بەهۆی خوداکەی باوکتەوە کە یارمەتیت دەدات،
بەهۆی هەرە بە تواناوە کە بەرەکەتدارت دەکات،
بە بەرەکەتەکانی ئاسمان لە سەرەوە و
بەرەکەتەکانی ئەو قووڵاییەی ماتە لە ژێرەوە،
بەرەکەتەکانی هەردوو مەمك و منداڵدان.
٢٦ بەرەکەتەکانی باوکت مەزنترن
لە بەرەکەتەکانی چیای هەتاهەتایی،
لە بەخشندەیی گردە دێرینەکان.
با بەسەر سەری یوسفەوە بن،
بەسەر تەپڵی سەری جیاکراوە لە براکانی.

٢٧ «بنیامین گورگێکی دڕندەیە،
بەیانییان نێچیر دەخوات و
ئێوارانیش دەستکەوت دابەش دەکات.»

٢٨ هەموو ئەمانە دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیلن. ئەمەش ئەوە بوو کە باوکیان پێی گوتن و داوای بەرەکەتی بۆ کردن، هەریەکەیان بەپێی بەرەکەتەکەی خۆی داوای بەرەکەتی بۆ کردن.

## مردنی یاقوب

٢٩ ئینجا فەرمانی پێدان و پێی گوتن: «من دەچمە
پاڵ گەلەکەی خۆم. لەلای باوباپیرانم بمنێژن، لەو
ئەشکەوتەی لەناو کێڵگەکەی عەفرۆنی حیتییە،
٣٠ لەو ئەشکەوتەی لە کێڵگەکەی مەخپێلەیە کە
ڕووەو مەمرێیە لە خاکی کەنعان، ئەوەی ئیبراهیم
لەگەڵ کێڵگەکە لە عەفرۆنی حیتی کڕی هەتا بۆ گۆڕ
ببێتە موڵکی. ٣١ ئیبراهیم و سارای ژنی لەوێ نێژراون،
ئیسحاق و ڕیڤقەی ژنیشی لەوێ نێژراون، هەر
لەوێش لێئەم ناشت. ٣٢ کێڵگەکە و ئەشکەوتەکەی
لەناوی بوو لە حیتییەکان کڕدرا بوون.»
٣٣ کاتێك یاقوب لە ڕاسپاردنی کوڕەکانی تەواو
بوو، هەردوو پێی خۆی خستەوە سەر قەرەوێڵەکە و
دواهەناسەی دا، چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی.

٥٠ یوسف خۆی دا بەسەر ڕووی باوکیدا و
بەسەریدا گریا و ماچی کرد. ٢ ئینجا یوسف
فەرمانی دا بە خزمەتکارە پزیشکەکانی کە باوکی مۆمیا
بکەن. پزیشکەکانیش ئیسرائیلیان مۆمیا کرد، ٣ چل
ڕۆژی پێچوو، چونکە بەوەندە ڕۆژە کاری مۆمیاکاران
تەواو دەبوو. میسرییەکانیش حەفتا ڕۆژ بۆی گریان.
٤ کە ڕۆژانی گریان بەسەرچوو، یوسف لەگەڵ
ماڵی فیرعەون قسەی کرد و گوتی: «ئەگەر جێی
ڕەزامەندیتانم، ئەوا قسە لەگەڵ فیرعەون بکەن و
پێی بڵێن، ٥ کە باوکم سوێندی داوم و گوتوویەتی: ”وا
من دەمرم، لەو گۆڕەدا بمنێژن کە لە خاکی کەنعان
بۆ خۆمم هەڵکەندووە.“ ئێستاش با بچم بۆ ئەوەی
باوکم بنێژم و دەگەڕێمەوە.»
٦ فیرعەونیش پێی گوت: «بڕۆ و باوکت بنێژە، وەك
چۆن سوێندی داویت.»
٧ ئیتر یوسف بۆ ناشتنی باوکی چوو. لەگەڵی

[a] ٢٤ ڕەوانبێژی لێکچواندنە، مەبەستی یەزدانە.

هەموو خزمەتکارانی فیرعەون، پیرانی ماڵەکەی و هەموو پیرانی خاکی میسر چوون، [٨]لەگەڵ تێکڕای ماڵی یوسف و براکانی و ماڵی باوکی. تەنها منداڵەکان و ڕانە مەڕ و گاگەلیان لە خاکی گۆشەن بەجێهێشت. [٩]هەر لەگەڵیان گالیسکە و ئەسپ سوار چوون. کۆمەڵێکی زۆر گەورە بوو.

[١٠]ئینجا هاتنە سەر جۆخینەکەی[a] ئاتاد، ئەوەی لەوبەری ڕووباری ئوردونە، لەوێ شیوەنێکی زۆر گەورە و توندیان گێڕا، حەوت ڕۆژ یوسف ماتەمی بۆ باوکی دانا. [١١]کاتێک کەنعانییەکانی دانیشتووی ئەو خاکە ئەم ماتەمەیان لەسەر جۆخینەکەی ئاتاد بینی، گوتیان: «ئەمە ماتەمێکی گەورەی میسرییەکانە.» لەبەر ئەوە ناونرا ئابێل میسرایم[b] کە لەوبەری ڕووباری ئوردونە.

[١٢]کوڕەکانی یاقوبیش چۆنی ڕاسپاردبوون ئاوایان بۆ کرد. [١٣]جا کوڕەکانی هەڵیانگرت بۆ خاکی کەنعان و لە ئەشکەوتەکەی ئەو کێڵگەیەی لە مەخپێلە ناشتیان، کە ئیبراهیم لەگەڵ کێڵگەکە لە عەفرۆنی حیتی کڕی هەتا بۆ گۆڕ ببێتە موڵکی، ئەوەی ڕووەو مەمرێیە. [١٤]ئیتر دوای ناشتنی باوکی، یوسف گەڕایەوە بۆ میسر، خۆی و براکانی و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بۆ ناشتنی باوکی چوون.

## دڵنەواییکردنی یوسف لە براکانی

[١٥]کاتێک براکانی یوسف بینییان باوکیان مرد، گوتیان: «نەکات یوسف قینمان لێ هەڵبگرێت و هەموو ئەو خراپەیەی بەرامبەری کردوومانە بەسەرمانی بهێنێتەوە.» [١٦]ئیتر پەیامیان نارد بە یوسف بڵێن، «باوکت پێش مردنی خۆی ڕایسپاردووە و گوتوویەتی، [١٧]”ئاوا بە یوسف دەڵێن: داواکارم لێت لە تاوانی براکانت و گوناهەکەیان ببووریت، چونکە خراپەیان لەگەڵت کرد.“ ئێستاش لە تاوانی بەندەکانی خودای باوکت خۆشبە.» کاتێک پەیامەکەیان گەیشت، یوسف دەستی بە گریان کرد. [١٨]دوای ئەوە براکانی هاتن و لەبەردەمیدا کەوتن و گوتیان: «ئەوەتاین، ئێمە کۆیلەی تۆین.»

[١٩]بەڵام یوسف پێی گوتن: «مەترسن. ئایا من لە جێی خودام؟ [٢٠]مەبەستی ئێوە خراپە بوو بۆم، بەڵام خودا بە مەبەستی چاکە گێڕای هەتا وەک ئەمڕۆ بکات، بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی خەڵکێکی زۆر. [٢١]ئێستاش مەترسن. من خۆتان و منداڵەکانتان بەخێو دەکەم.» ئیتر دڵنەوایی کردن و قسەی دڵخۆشکەرەی بۆ کردن.

## مردنی یوسف

[٢٢]یوسف خۆی و ماڵی باوکی لە میسر نیشتەجێ بوون. یوسف سەد و دە ساڵ ژیا، [٢٣]منداڵەکانی ئەفرایمیشی بینی، نەوەی سێیەم. ئەوەندە ژیا کە منداڵەکانی ماکیری کوڕی مەنەشەی بینی ناوی ئەوی وەرگرتووە.

[٢٤]ئینجا یوسف بە براکانی گوت: «من دەمرم، بەڵام خودا خۆی بەسەرتان دەکاتەوە و لەم خاکەوە دەتانباتەوە ئەو خاکەی کە بە سوێند بەڵێنی داوە بیداتە ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب.» [٢٥]ئیتر یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دا و گوتی: «بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم ببەنەوە.»

[٢٦]دوای ئەوە یوسف مرد، تەمەنی سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مۆمیایان کرد و لە میسر خرایە تابووتەوە.

[a] ١٠ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[b] ١١ ئابێل میسرایم واتە ماتەمی میسرییەکان.

# دەرچوون

## دووەم پەڕتووکی موسا

**کورتە باسێک**

**خودا خۆی و ناوی پیرۆزی خۆی ئاشکرا دەکات، هەروەها چۆن گەلی خۆی لە کۆیلایەتی دەکڕێتەوە و پەیمانیان لەگەڵ دەبەستێت بۆ ئەوەی گەلێکی تایبەت بۆ پەرستنی خۆی دروستبکات.**

ئەم پەڕتووکە لە هەمان ئەو کاتەدا نووسراوە کە موسا بە سروشی خودا (وەحی) پەڕتووکی پەیدابوونی نووسی. موسا هەندێک کێشەی گرنگی چارەسەر کرد کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەرکەوتنی گەلی ئیسرائیلەوە هەیە وەک میللەت. ئەم پەڕتووکە ڕابەرایەتی موسا نیشان دەدات لەدوای ئەوەی خودا هەڵیبژارد ڕابەرایەتی گەلی ئیسرائیل بکات و لە وڵاتی میسر بیانباتە دەرەوە. هەروەها ئەو دە کارەساتە باس دەکات کە بەسەر میسر هات وەک سزایەک بۆ گوێڕایەڵنەبوونی فیرعەون بۆ فەرمانی خودا. لە دەیەم کارەسات، خودا نۆبەرەکانی گەلی ئیسرائیلی لە مردن پاراست بەهۆی سەربڕینی بەرخێک لە جیاتی نۆبەرەی هەر ماڵێک و خوێنی بەرخەکە لە چوارچێوەی دەرگاکان درا وەک نیشانەیەک بۆ ڕزگاربووان. جەژنی پەسخە لەسەر ئەم ڕووداوە دانراوە، وەک یادەوەرییەک بۆ ڕزگاربوونی گەلی خودا لە کۆتی کۆیلایەتی. ئیسرائیلییەکان لە نەوەکانی داهاتووشیان بەو بۆنەیەوە جەژنیان دەگێڕا، ئەمە هەتا ئێستاش بەردەوامە. گەلی ئیسرائیل لە دەریای سوور پەڕینەوە و گەیشتنە شاخی سینا کە لەوێ خودا پەیمانێکی تایبەتی لەگەڵ گەلی ئیسرائیل بەست و دە ڕاسپاردەکەی پێ سپاردن. لەدوای ئەوە چادرێک بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خودا دروستکرا، کە لەناو چادری پەرستن بوو. لە کاتێکدا کە موسا لەسەر لووتکەی شاخ بوو، هارون و گەلەکە یاخی بوون، بەڵام لەدوای تەمبێکردنیان لەسەر دەستی هۆزی لێڤی یەزدان پەیمانەکەی لەگەڵیان نوێکردەوە.

لەم پەڕتووکەدا خودا بە جۆرێک خۆی دەناسێنێ کە گەلی خۆی ڕزگار دەکات و پەیمانی لەگەڵ دەبەستێ، هەروەها هێز و دەسەڵاتی خۆی بە مرۆڤ دەناسێنێ. خودا داوا لە مرۆڤ دەکات کە باوەڕی پێ بهێنن و لە بتپەرستی دووربکەونەوە، چاوەڕێی ئەوە لە باوەڕداران دەکات کە بیپەرستن و پشتی پێ ببەستن و گوێڕایەڵی بن، لەبەر ئەوە خواپەرستی لە چادری پەرستنی یەزدان و گوێڕایەڵبوونی تەورات دوو ئاکار بوون لە ئاکارەکانی گوێڕایەڵی گەل بۆ خودا. لە پەیمانی نوێش مەسیح بەرخی قوربانییە، لە خاچ درا بۆ ئەوەی ببێتە کەفارەتی گوناهەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ بکڕێتەوە.

### چەوساندنەوەی نەوەی ئیسرائیل

١ ئەمانە ناوی کوڕەکانی ئیسرائیلن کە لەگەڵ
یاقوب چوونە میسر، هەریەک لەگەڵ
خێزانەکەی: [2]ڕەئوبێن، شیمۆن، لێڤی و یەهودا،
[3]یەساخار، زەبولون و بنیامین، [4]دان و نەفتالی، گاد
و ئاشێر. [5]هەموو وەچەکانی یاقوب حەفتا[a] کەس
بوون، بێجگە لە یوسف کە لە میسر بوو.
[6]یوسف و هەموو براکانی و هەموو ئەو نەوەیە
مردن، [7]بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون، زۆر زیاد
بوون و زۆر و تواناداتر بوون، خاکەکە پڕ بوو لەوان.
[8]ئینجا لە میسر پاشایەکی نوێ هاتە سەر تەخت
کە یوسفی نەدەناسی. [9]بە گەلەکەی گوت: «تەماشا
بکەن، نەوەی ئیسرائیل گەلێکن لە ئێمە زۆرتر و
بەتواناترن. [10]وەرن با دانا بین، نەوەک زۆرتریش
ببن، کاتێک بکەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ

---

[a] ٥ لە هەندێک دەستنووسی کۆندا بە ژمارەی حەفتا و پێنج هاتووە. بڕوانە پەیدابوون ٢٧:٤٦ و کردار ١٤:٧.

دوژمنەکانمان و لە دژمان بجەنگن و ئەم خاکە بەجێبهێڵن.»

[١١]ئیتر سەرکاری بێگارییان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەکەیان زەلیلیان بکەن، هەروەها شارەکانی پیتۆم و ڕەعمسێسیان بۆ ئەمبارکردن بۆ فیرعەون بنیاد نا. [١٢]بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دەکرد و بەربڵاو دەبوون، ئیتر لەبەر ئەوە میسرییەکان بەرامبەر بە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێ نیشت. [١٣]میسرییەکان بە زەبرەوە کۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەکرد. [١٤]ژیانیان تاڵ کردن بە کۆیلایەتییەکی سەخت، بە قوڕکاری و خشت دروستکردن و هەموو جۆرە کارێکی کێڵگە، هەموو کارێك کە پێیان دەکردن بە زەبرەوە بوو.

[١٥]پاشای میسر بە دوو مامانی ژنە عیبرانییەکانی گوت، کە ناوی یەکێکیان شیفرە و ئەوی دیکەیان پوعە[a] بوو، [١٦]گوتی: «کاتێك مامانی بۆ ژنە عیبرانییەکان دەکەن لە شوێنی منداڵبوون، تەماشایان بکەن، ئەگەر کوڕ بێت بیکوژن، بەڵام ئەگەر کچ بێت با بژیێت.» [١٧]بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای میسر پێی گوتبوون، هێشتیان کوڕەکان بژین. [١٨]دواتر پاشای میسر مامانەکانی بانگکرد و لێی پرسین: «بۆچی ئەمەتان کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟»

[١٩]مامانەکانیش وەڵامی فیرعەونیان دایەوە: «چونکە ژنە عیبرانییەکان وەك ژنە میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن و پێش گەیشتنی مامان منداڵیان دەبێت.»

[٢٠]ئیتر خودا لەگەڵ مامانەکان باش بوو، گەلیش زۆر و بە توانا بوون. [٢١]ئەوە بوو کە مامانەکان لە خودا ترسان، خوداش خێزانی پێ بەخشین.

[٢٢]ئینجا فیرعەون فەرمانی بە هەموو گەلەکەی دا و گوتی: «هەر کوڕێکی عیبرانی کە لە دایك دەبێت، فڕێبدەنە ناو ڕووباری نیل، بەڵام با هەموو کچەکان بژین.»

## لەدایکبوونی موسا

٢ پیاوێك لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی لێڤی هێنا. [٢]ژنەکە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ شاردییەوە. [٣]بەڵام کاتێك نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و کوڕەکەی لەناو دانا، ئینجا لە کەناری نیل لەناو قامیشەڵان داینا. [٤]خوشکی منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا بۆ ئەوەی بزانێت چی لێدێت.

[٥]کچی فیرعەونیش بۆ خۆشوشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر ڕووباری نیل و کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتوچۆیان دەکرد، سەبەتەکەی لەناو قامیشەڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی نارد هەتا بیهێنێت. [٦]ئەویش کردییەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد، بینی کوڕێکە و دەگریێ، بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی: «ئەمە یەکێکە لە منداڵی عیبرانییەکان.»

[٧]خوشکی منداڵەکەش لە کچی فیرعەونی پرسی: «ئایا بچم ژنێکی شیردەرت بۆ بانگ بکەم لە عیبرانییەکان بۆ ئەوەی شیر بدات بە منداڵەکە؟»

[٨]کچی فیرعەونیش وەڵامی دایەوە: «بڕۆ.» کچە عازەبەکەش چوو دایکی منداڵەکەی بانگکرد. [٩]کچی فیرعەونیش پێی گوت: «ئەم منداڵە ببە و شیری بدە بۆم، منیش کرێیەکەت دەدەمێ.» ژنەش منداڵەکەی برد و شیری دایێ. [١٠]کاتێك منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی فیرعەونی هێنایەوە، ئیتر بوو بە کوڕی ئەو و ناوی لێنا «موسا[b]»، گوتی: «چونکە لەناو ئاو هەڵمگرتووەتەوە.»

## هەڵاتنی موسا بەرەو میدیان

[١١]کاتێك موسا گەورە بوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان چووە دەرەوە بۆ لای براکانی و سەیری بارگرانییەکانی کرد، بینی پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی

---

[a] ١٥ ناوەکانی پوعە و شیفرە تەنها لێرە هەن. ئیتر مەرج نییە عیبری بوو بن، بەڵام یارمەتی ژنە عیبرانییەکانیان دەدا.

[b] ١٠ عیبری: مۆشێ.

دەدات، کە لە براکانییەتی. [12]ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو لای کرد و بینی کەسی لێ نییە، ئیتر میسرییەکەی کوشت و لەناو لم شاردییەوە. [13]بۆ ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی دوو پیاوی عیبرانی شەڕ دەکەن. لە خەتابارەکەی پرسی: «بۆچی لە هاوەڵەکەت دەدەیت؟»

[14]ئەویش گوتی: «کێ تۆی کردووە بە گەورە و دادوەر بەسەرمانەوە؟ ئایا دەتەوێ بمکوژیت هەروەك میسرییەکەت کوشت؟» جا موسا ترسا و گوتی: «بێگومان ئەم کارە زانراوە!»

[15]کاتێك فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا موسا بکوژێت، بەڵام موسا لە دەست فیرعەون هەڵات و لە خاکی میدیان جێگیر بوو، لەلای بیرێك دانیشت. [16]کاهینی میدیانیش حەوت کچی هەبوو، هاتن و ئاویان هەڵکێشا، ئاخوڕەکانیان پڕکرد بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان. [17]لەو کاتەدا شوان هاتن و دەریانکردن، بەڵام موسا هەستا و فریایان کەوت و مەڕەکانی ئاودان.

[18]کچەکانیش هاتنە لای ڕەعوئێلی[a] باوکیان، ئەویش لێی پرسین: «بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتنەوە؟»

[19]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «پیاوێکی میسری فریامان کەوت لە دەست شوانەکان، هەروەها ئاوی بۆ کێشاین و مەڕەکانیشی ئاو دا.»

[20]ئەویش بە کچەکانی گوت: «ئەی لەکوێیە؟ بۆ پیاوەکەتان بەجێهێشت؟ بانگهێشتی بکەن با نان بخوات.»

[21]موسا ڕازی بوو لەگەڵ ئەو پیاوە بمێنێتەوە. ئەویش چیپۆرەی کچی دایە موسا. [22]چیپۆرەش کوڕێکی بوو، موساش ناوی لێنا گێرشۆم، چونکە گوتی: «نامۆ بووم لە خاکی بێگانە.»

[23]ئەوە بوو لەو ماوە درێژە، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسرائیلیش ئاهیان هەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد بۆ یارمەتی، گریانەکەیان بەهۆی کۆیلایەتییەوە بۆ خودا بەرزبووەوە. [24]خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانەکەی خۆی لەیاد بوو لەگەڵ ئیبراهیم[b] و ئیسحاق و یاقوب. [25]ئیتر خودا ڕوانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان.

## موسا و ئاگرێك لەناو دەوەنێك

٣ موسا بووە شوانی مەڕەکانی یەترۆی خەزووری، کە کاهینی میدیان بوو. مەڕەکانی بردە ئەوپەڕی دەشتودەرەکە هەتا گەیشتە کێوی خودا، «حۆرێڤ». [2]لەوێ لەناو گڕی ئاگرێك لە دەوەنێك فریشتەی یەزدانی بۆ دەرکەوت. کە موسا تەماشای کرد بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی دەوەنەکە ناسووتێت. [3]موسا گوتی: «لادەدەم و تەماشای ئەو دیمەنە مەزنە دەکەم. بۆچی دەوەنەکە ناسووتێت؟»

[4]کاتێك یەزدان بینی کە موسا لایدا بۆ ئەوەی تەماشا بکات، خودا لەناو دەوەنەکەوە بانگی کرد و فەرمووی: «موسا. موسا.»

ئەویش گوتی: «ئەوەتام.»

[5]فەرمووی: «نزیکی ئێرە مەکەوە. پێڵاوەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت خاکێکی پیرۆزە.» [6]ئینجا فەرمووی: «من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.» موسا ڕووی خۆی داپۆشی، چونکە دەترسا تەماشای خودا بکات.

[7]یەزدان فەرمووی: «بەڕاستی من زەلیلی گەلەکەمم لە میسر بینی، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. [8]ئەوا هاتمە خوارەوە بۆ ئەوەی فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکەوە بیانبەم بۆ خاکێکی باش و فراوان، بۆ خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بۆ شوێنی کەنعانییەکان، حیتییەکان، ئەمورییەکان، پریزییەکان، حیڤییەکان و یەبوسییەکان. [9]ئێستا هاواری نەوەی ئیسرائیل

---

[a] ١٨ لەوە دەچێت کە ڕەعوئێل نازناوی کاهینی میدیان بێت و خۆی ناوی یەترۆیە کە دواتر دەبێتە خەزووری موسا. بڕوانە ١:٣ و ١:١٨.

[b] ٢٤ بڕوانە پەیدابوون ١:١٥-١٦.

گەیشتە لام و هەروەها ئەو چەوسانەوەیەم بینی
کە میسرییەکان دەیانچەوساندنەوە. ١٠ئێستاش بڕۆ و
دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی خۆم، نەوەی
ئیسرائیل لە میسر بهێنە دەرەوە.»
١١بەڵام موسا بە خودای گوت: «من کێم هەتا
بچمە لای فیرعەون و نەوەی ئیسرائیل لە میسر
بهێنمە دەرەوە؟»
١٢ئەویش فەرمووی: «من لەگەڵت دەبم، ئەمەش
دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێك گەل
لە میسرەوە دەردەهێنیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە
خودا دەپەرستن.»
١٣موساش بە خودای گوت: «من وا دەچمە لای
نەوەی ئیسرائیل و پێیان دەڵێم "خودای باپیرانتان
منی بۆ ئێوە ناردووە." ئەگەر پێم بڵێن: "ناوی
چییە،" بڵێم چی؟»
١٤خوداش بە موسای فەرموو: «من هەم ئەوەی کە
هەم.» هەروەها فەرمووی: «ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل
دەڵێیت: "'هەم' منی بۆ ئێوە ناردووە."»
١٥هەروەها خودا بە موسای فەرموو: «ئاوا بە
نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت: "یەزدان[a]، پەروەردگاری
باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و
خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە." هەتاهەتایە
ئەمە ناومە و ئەمەش دێتەوە یادتان، نەوە دوای
نەوە.
١٦«بڕۆ و پیرانی ئیسرائیل کۆبکەرەوە و پێیان بڵێ:
"یەزدان، پەروەردگاری باوکانتان، خودای ئیبراهیم و
ئیسحاق و یاقوب بۆم دەرکەوت، فەرمووی، بەڕاستی
ئێوە و ئەوەی لە میسردا بەسەرتان هاتووە بەسەرم
کردووەتەوە. ١٧هەروەها بەڵێنم داوە، لە زەلیلی
میسر سەرتان بخەم و بتانبەم بۆ خاکی کەنعانی و
حیتی و ئەموری و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان،
بۆ خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت."
١٨«پیرانی ئیسرائیل گوێ لە قسەکانت دەگرن. ئەو
کاتە تۆ و پیرانی ئیسرائیل دەچنە لای پاشای میسر
و پێی دەڵێن: "یەزدان، پەروەردگاری عیبرانییەکان
بەسەریکردینەوە، ئێستاش سێ ڕۆژەڕێ دەڕۆین
لە دەشتودەر قوربانی بۆ یەزدانی پەروەردگارمان
سەردەبڕین." ١٩بەڵام دەزانم پاشای میسر ناهێڵێت
بڕۆن، تاوەکو بە دەستێکی بەهێز ناچار نەکرێت.
٢٠ئیتر من دەستم درێژ دەکەم و بە هەموو کارە
سەرسوڕهێنەرەکانم لە میسر دەدەم کە لەنێویان
دەیکەم، دوای ئەوە دەهێڵێت بڕۆن.
٢١«ئەم گەلەش لەبەرچاوی میسرییەکان ڕێزدار
دەکەم، هەتا کاتی ڕۆیشتن بە دەستبەتاڵی نەڕۆن.
٢٢بەڵکو هەر ژنێك لە دراوسێکەی یاخود لەوەی لە
ماڵەکەیدا دەژییێت، کەلوپەلی زیو و کەلوپەلی زێڕ
و جلوبەرگ داوا دەکات و لەبەر کوڕ و کچەکانتانی
دەکەن و میسرییەکان تاڵان دەکەن.»

## نیشانە بۆ موسا

٤ موسا وەڵامی دایەوە و گوتی: «گریمان
بڕوایان پێ نەکردم و گوێیان لە قسەکانم
نەگرت، بەڵکو بڵێن "یەزدان بۆت دەرنەکەوتووە."»
٢یەزدانیش پێی فەرموو: «ئەوە چییە لە دەستت؟»
ئەویش گوتی: «گۆچان.»
٣فەرمووی: «فڕێیبدە سەر زەوی.»
ئەویش فڕێیدایە سەر زەوی و بوو بە مار. ئیتر
موسا لەبەری هەڵات. ٤ئینجا یەزدان بە موسای
فەرموو: «دەست درێژبکە و کلکی بگرە.» جا دەستی
درێژکرد و گرتی، بووەوە بە گۆچان لە دەستی. ٥«بۆ
ئەوەی بڕوا بکەن کە یەزدان بۆت دەرکەوتووە،
خودای باوکانیان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق
و خودای یاقوب.»
٦هەروەها یەزدان پێی فەرموو: «دەستت بخەرە
ناو باخەڵت.» ئەویش دەستی خستە ناو باخەڵی و
دەریهێنایەوە، بینی دەستی گول[b] بووە، وەك بەفرە.
٧ئینجا فەرمووی: «دەستت بخەرەوە ناو
باخەڵت.» ئەویش دەستی خستەوە ناو باخەڵی،

[a] ١٥ یەزدان: لە زمانی عیبری بە وشەی یەهوا هاتووە. خودا ئەم ناوەی بۆ خۆی بەکارهێناوە، بۆ پەیمانبەستن لەگەڵ مرۆڤ.

[b] ٦ گول: لە زمانی عیبری ئەم وشەیە بۆ چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست بەکاردەهێنرا.

ئینجا لەناو باخەڵی دەریهێنایەوە، بینی وەك هەموو
بەشەکانی لەشی لێهاتووەتەوە.
٨«بەم شێوەیە ئەگەر بڕوایان پێ نەکردیت و
گرنگی بە نیشانەی یەکەم نەدا، ئەوا گرنگی بە
نیشانەی دووەم دەدەن. ٩بەڵام ئەگەر بڕوایان بەو
دوو نیشانەیە نەکرد و گوێیان لە قسەکانت نەگرت،
ئەوا تۆ هەندێك لە ئاوی نیل دەبەیت و لەسەر
وشکانی دەیڕێژیت، ئیتر ئەو ئاوەی لە نیلەوە
دەیبەیت، لەسەر وشکانی دەبێتە خوێن.»
١٠موسا بە یەزدانی گوت: «ئەی پەروەردگار، من
پیاوی قسە نیم، نە لە ڕابردوو و نە لەو کاتەوەی
لەگەڵ خزمەتکارەکەت دوایت. بەڵکو من دەم گران
و زمان گرانم.»
١١یەزدانیش پێی فەرموو: «کێ دەمی بۆ مرۆڤ
دروستکردووە، یان کێ لاڵ یان کەڕ، بینا یان نابینای
دروستکردووە، ئایا منی یەزدان نیم؟ ١٢ئێستا بڕۆ،
منیش لەگەڵ زمانت دەبم و ئەوەت فێر دەکەم کە
پێی دەدوێیت.»
١٣بەڵام ئەو گوتی: «ئەی پەروەردگار ببورە،
کەسێکی دیکە بنێرە.»
١٤تووڕەیی یەزدان بەسەر موسادا جۆشا و
فەرمووی: «ئایا هارونی لێڤی برات نییە، دەزانم
ئەو قسەزانە، هەروەها ئەو ئێستا وا لە ڕێگایە
بۆ پێشوازیت، کاتێك دەتبینێت دڵخۆش دەبێت.
١٥لەگەڵی دەدوێیت و وتەکانم دەخەیتە سەر زمانی،
منیش لەگەڵ زمانی تۆ و زمانی ئەو دەبم و فێرتان
دەکەم چی بکەن. ١٦ئەو لە جیاتی تۆ لەگەڵ گەل
دەدوێت، ئەو بۆ تۆ وەك دەم دەبێت و تۆش بۆ
ئەو وەك خودا. ١٧ئەم گۆچانەش کە نیشانەکانی
پێدەکەیت، لە دەستت دەیگریت.»

## گەڕانەوە موسا بۆ میسر

١٨ئینجا موسا چوو و گەڕایەوە لای یەترۆی
خەزووری، پێی گوت: «من دەڕۆم و دەگەڕێمەوە
لای براکانی خۆم کە لە میسرن، بۆ ئەوەی ببینم ئایا
هێشتا زیندوون.»
یەترۆش بە موسای گوت: «بڕۆ بە سەلامەتی.»
١٩یەزدان لە میدیان بە موسای فەرمووبوو: «بڕۆ و
بگەڕێوە بۆ میسر، چونکە هەموو ئەوانەی بەدوای
کوشتنتدا دەگەڕان مردن.» ٢٠ئیتر موسا ژنەکەی و
منداڵەکانی هەڵگرت و سواری گوێدرێژی کردن و
بردنی و گەڕایەوە بۆ خاکی میسر. موسا گۆچانەکەی
خوداشی لە دەستی گرت.
٢١یەزدان بە موسای فەرموو: «کاتێك دەگەڕێیتەوە
میسر، سەرنج بدە هەموو پەرجووەکان[a] کە لە
دەستی تۆم داناوە و لەبەردەم فیرعەون ئەنجامیان
بدە، بەڵام من دڵی ڕەق دەکەم بۆ ئەوەی نەهێڵێت
گەلەکە بڕۆن. ٢٢بە فیرعەون دەڵێیت: ”یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: نەوەی ئیسرائیل کوڕە نۆبەرەمە،
٢٣پێم فەرمووی، ’بهێڵە کوڕەکەم بچێت بۆ ئەوەی
بمپەرستێت.‘ بەڵام تۆ ڕازی نەبوویت بهێڵیت بڕوات،
من وا کوڕەکەت، نۆبەرەکەت دەکوژم.“»
٢٤ئەوە بوو لە ڕێگا، لەو شوێنەی بۆ شەومانەوە
لێی وەستان، یەزدان تووشی هات[b] و ویستی
بیکوژێت. ٢٥بەڵام چیپۆرە بەردەئەستێیەکی هەڵگرت
و کوڕەکەی خەتەنە کرد و پارچە گۆشتەکەی لە
پێیەکانی[c] دا، گوتی: «چونکە تۆ زاوای خوێنی بۆ
من.» ٢٦ئیتر یەزدان وازی لێ هێنا، لەو کاتەش چیپۆرە
گوتی، «زاوای خوێن،» لەبەر خەتەنەکردنەکە.
٢٧یەزدان بە هارونی فەرموو: «بڕۆ چۆڵەوانی
بۆ پێشوازی موسا.» ئەویش چوو و لە کێوی خودا
تووشی بوو و ماچی کرد. ٢٨ئیتر موسا هەموو
فەرمایشتەکانی یەزدانی بە هارون ڕاگەیاند
کە موسای ناردبوو بۆی، هەروەها هەموو ئەو
نیشانانەی فەرمانی پێدابوو.
٢٩موسا و هارون چوون و هەموو پیرانی
نەوەی ئیسرائیلیان کۆکردەوە. ٣٠هارون هەموو
فەرمایشتەکانی یەزدان کە بە موسای فەرمووبوو پێی

[a] ٢١ پەرجوو: موعجیزە.
[b] ٢٤تووشی هات: دەشێت موسا یان گێرشۆمی کوڕەکەی بێت.
[c] ٢٥ پێیەکانی: دەشێت پێیەکانی موسا یان پێیەکانی گێرشۆمی کوڕەکەی بێت.

ڕاگەیاندن و لەبەرچاوی گەل نیشانەکانی کرد. ٣١ئیتر گەل باوەڕیان هێنا، کاتێک گوێیان لێبوو یەزدان نەوەی ئیسرائیلی بەسەرکردووەتەوە و تەماشای زەلیلییەکەیانی کردووە، دانەوینەوە و کڕنۆشیان برد.

## دروستکردنی خشتی قوڕ بەبێ کا

٥ دواتر موسا و هارون هاتن و بە فیرعەونیان گوت: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل وا دەفەرموێت: "بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، بۆ ئەوەی لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن."»

٢فیرعەونیش گوتی: «یەزدان کێیە هەتا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕۆن؟ یەزدان ناناسم و هەروەها ناهێڵم نەوەی ئیسرائیل بڕۆن.»

٣ئەوانیش گوتیان: «خودای عیبرانییەکان بەسەری کردینەوە، سێ ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ یەزدانی پەروەردگارمان سەردەبڕین، نەوەک تووشی دەرد یان شمشێرمان بکات.»

٤بەڵام پاشای میسر پێی گوتن: «موسا و هارون، بۆچی گەل لە ئیش دەکەن؟ بڕۆن بەلای بارگرانییەکەتانەوە.» ٥هەروەها فیرعەون گوتی: «ئەوەتا ئێستا گەلی خاکەکە زۆرن و ئێوە لە بارگرانییەکەیان دەیانحەسێننەوە.»

٦هەر لەو ڕۆژە فیرعەون فەرمانی دا بەوانەی بێگاری بە گەل دەکەن و بەوانەش کە سەرکارن، گوتی: ٧«ئیتر وەک پێشتر کا مەدەنە گەل بۆ خشت دروستکردن، با خۆیان بچن و کا بۆ خۆیان کۆبکەنەوە. ٨بەڵام ئەوەندە خشتەی کە پێشتر دروستیان دەکرد با هەر لەسەریان بێت، کەمی مەکەنەوە، چونکە ئەوانە تەمبەڵن، لەبەر ئەوەیە هاوار دەکەن: "بهێڵە با بڕۆین و قوربانی بۆ خودامان سەرببڕین." ٩با کارەکە قورستر بێت لەسەر خەڵکەکە، هەتا پێی سەرقاڵ بن و ئاوڕ لە قسەی درۆ نەدەنەوە.»

١٠ئیتر ئەوانەی بێگارییان پێ دەکردن و سەرکارەکانی خەڵک چوونە دەرەوە و بە گەلیان گوت: «فیرعەون ئاوا دەڵێت: "ئیتر کاتان نادەمێ، ١١بڕۆن بۆ خۆتان لەکوێ کا پەیدا دەکەن پەیدای بکەن، بەڵام هیچ لە کارەکانیشتان کەم ناکرێتەوە."» ١٢ئیتر خەڵکەکە لە هەموو خاکی میسر بڵاو بوونەوە بۆ پووش کۆکردنەوە لە جیاتی کا. ١٣سەرکارانیش پەلەیان لێ دەکردن و دەیانگوت: «کاری ڕۆژانەکەتان تەواو بکەن، هەر ڕۆژە بەشی خۆی، هەروەک پێشتر کاتێک کا هەبوو.» ١٤ئیتر سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیل لێیان درا، ئەوانەی کە سەرکارەکانی فیرعەون لەسەریان دایاننابوون، لێیان پرسین: «بۆچی ئەرکی خۆتان لە خشت دروستکردن تەواو نەکردووە وەک پێشتر، دوێنێ و هەروەها ئەمڕۆش؟»

١٥سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیلیش هاتن هاواریان بۆ فیرعەون هێنا و گوتیان: «بۆچی وا لە خزمەتکارەکانت دەکەیت؟ ١٦کا نادرێتە خزمەتکارەکانت و لەگەڵ ئەوەشدا پێمان دەگوترێت "خشت دروستبکەن!" ئەوەتا خزمەتکارەکانت لێیان دراوە، بەڵام هەڵەکە لە گەلی خۆتەوەیە.»

١٧ئەویش گوتی: «تەمبەڵن! ئێوە تەمبەڵن، لەبەر ئەوەیە دەڵێن: "دەچین و قوربانی بۆ یەزدان سەردەبڕین." ١٨ئێستاش بڕۆن کار بکەن، کاشتان نادرێتێ و لەگەڵ ئەوەش خشتی قوڕیش وەک جاران دەدەن.»

١٩سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیل بینییان تێکەوتوون، چونکە پێیان گوترا: «لە خشتەکەتان کەم ناکرێتەوە، هەر ڕۆژە و بەشی خۆی.» ٢٠کە لەلای فیرعەون هاتنە دەرەوە تووشی موسا و هارون بوون چاوەڕێیان دەکردن. ٢١پێیان گوتن: «حەواڵەی یەزدانتان دەکەین با خۆی حوکم بدات، چونکە ئێوە ئێسک گرانتان کردین لەبەرچاوی فیرعەون و خزمەتکارەکانی، شمشێرتان دایە دەستی بۆ کوشتنمان.»

## بەڵێنی ڕزگارکردن لەلایەن خوداوە

٢٢موسا گەڕایەوە لای یەزدان و گوتی: «پەروەردگار بۆ خراپەت لەگەڵ ئەم گەلە کرد؟ بۆچی منت نارد؟

٢٣لەو کاتەوەی چوومە لای فیرعەون بە ناوی تۆوە
بدوێم، ئەو خراپەی لەگەڵ ئەم گەلە کرد، تۆش
فریای گەلەکەت نەکەوتیت.»

٦ یەزدانیش بە موسای فەرموو: «ئێستا دەبینیت
چی بە فیرعەون دەکەم، بە دەستێکی بەهێز
ناچاری دەکەم بەڕەڵایان بکات، ناچاری دەکەم لە
خاکی خۆی دەریانبکات.»
٢هەروەها خودا لەگەڵ موسا دوا و پێی فەرموو:
«من یەزدانم، ٣بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب وەك
”خودای هەرە بە توانا“ دەرکەوتم، بەڵام بە ناوی
خۆم کە ”یەزدان“ـە[a] لەلای ئەوان خۆمم نەناساند.
٤هەروەها پەیمانی خۆمم لەگەڵیان چەسپاند،
کە خاکی کەنعانیان بدەمێ، خاکی نامۆییان کە
تێیدا نامۆ بوون. ٥هەروەها گوێم لە ناڵەی نەوەی
ئیسرائیل بوو، ئەوانەی میسرییەکان کۆیلایەتییان پێ
دەکەن، منیش پەیوەستم بە پەیمانەکەی خۆم.
٦«بۆیە بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ: ”من یەزدانم،
لەژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتاندەهێنم، لە
کۆیلایەتی ئەوان فریاتان دەکەوم و بە دەستێکی
بەهێز و دادپەروەرییەکی مەزن دەتانکڕمەوە.
٧هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبمە خودای
ئێوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگارتان
ئەوەی لەژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتاندەهێنێت.
٨دەشتانبەم بۆ ئەو خاکەی سوێندم خوارد بیدەمە
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، وەك میرات دەیدەمە
ئێوە، من یەزدانم.“»
٩موسا بەم شێوەیە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل قسەی
کرد، بەڵام گوێیان لێ نەگرت، لەبەر بێ ورەیی و
کۆیلایەتی سەخت.
١٠ ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: ١١«بڕۆ و
بە فیرعەونی پاشای میسر بڵێ، با ڕێ بە نەوەی
ئیسرائیل بدات خاکەکەی بەجێبهێڵن.»
١٢بەڵام موسا بە یەزدانی گوت: «ئەگەر نەوەی
ئیسرائیل گوێم لێ نەگرن، ئیتر چۆن فیرعەون گوێم
لێ دەگرێت، کە من زمانم بەستراوە؟»[b]

## تۆماری ڕەچەڵەکی موسا و هارون

١٣یەزدان لەگەڵ موسا و هارون دوا و فەرمانی
پێدان بۆ نەوەی ئیسرائیل و بۆ فیرعەونی پاشای
میسر، بۆ بردنە دەرەوەی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی
میسر.
١٤ئەمانەش گەورەی بنەماڵەکانیان:

نەوەی ڕەئوبێن کە نۆبەرەی ئیسرائیلە،
حەنۆك و پەلو و حەسرۆن و کەرمی،
لەمانیشەوە خێڵەکانی ڕەئوبێن دروستبوون.
١٥نەوەی شیمۆنیش یەموئێل و یامین و
ئۆهەد و یاکین چۆحەر، هەروەها شائوول کە
لە ژنێکی کەنعانی بوو، لەمانیشەوە خێڵەکانی
شیمۆن دروستبوون.
١٦ئەمانەش ناوەکانی نەوەی لێڤین
بەگوێرەی لەدایکبوونیان: گێرشۆن و قەهات و
مەراری. تەمەنی لێڤیش سەد و سی و حەوت
ساڵ بوو.
١٧کوڕانی گێرشۆن، لیبنی و شیمعی
بەگوێرەی خێڵەکانیان.
١٨نەوەی قەهاتیش، عەمرام و یەسهار و
حەبرۆن و عوزیێل. تەمەنی قەهاتیش سەد و
سی و سێ ساڵ بوو.
١٩کوڕانی مەراریش، مەحلی و موشی.
ئەمانەش خێڵەکانی لێڤییەکانن بەگوێرەی
نەوەکانیان.
٢٠عەمرام یۆخەڤەدی خوشکی باوکی بۆ
خۆی خواست. ئەویش هارون و موسای لێ
بوو. تەمەنی عەمرامیش سەد و سی و حەوت
ساڵ بوو.

---

[a] ٣ عیبری: یەهوا.

[b] ١٢ زمانم بەستراوە: عیبری لێوەکانم خەتەنە نەکراون، لێرە و لە ئایەتی ٣٠.

٢١ نەوەی یەسهاریش: قۆرەح و نەفەگ و زکری.
٢٢ نەوەی عوزییێلیش: میشائیل و ئەلسافان و سیتری.
٢٣ هارونیش ئەلیشەڤەعی کچی عەمینادابی خوشکی نەحشۆنی خواست، ئەویش ناداب و ئەبیهو و ئەلعازار و ئیتاماری بوو.
٢٤ نەوەی قۆرەحیش: ئەسسیر و ئەلقانە و ئەبیئاساف. ئەمانەش خێڵەکانی قۆرەحییەکانە.
٢٥ ئەلعازاری کوڕی هارونیش یەکێکی لە کچانی پووتییێل خواست، ئەویش فینەحاسی بوو.

ئەمانە گەورەی بنەماڵەکانی لێڤییەکانن بەگوێرەی خێڵەکانیان.

٢٦ ئەمانە هارون و موسان کە یەزدان پێی فەرموون: «نەوەی ئیسرائیل لەسەر شێوەی لەشکرەکانیان[a] لە خاکی میسر دەربهێنن.» ٢٧ ئەوان بوون لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر دوان بۆ دەرهێنانی نەوەی ئیسرائیل لە میسر، موسا و هارون بوون.

## هارون دەبێتە قسەکەری موسا

٢٨ ئەوە بوو لەو ڕۆژەی یەزدان لەگەڵ موسا دوا لە خاکی میسر. ٢٩ یەزدان بە موسای فەرموو: «من یەزدانم، لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر بدوێ سەبارەت بە هەموو ئەوەی پێت دەڵێم.»
٣٠ بەڵام موسا بە یەزدانی گوت: «ئەوەتا من زمانم بەستراوە، چۆن فیرعەون گوێم لێ دەگرێت؟»

٧ یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕوانە، تۆم وەک خودای فیرعەون لێکردووە و هارونی براشت وەک پێغەمبەری تۆ دەبێت. ٢ تۆ دەدوێیت بە هەموو ئەوەی فەرمانت پێ دەکەم، هارونی براشت لەگەڵ فیرعەون دەدوێت بۆ ئەوەی ڕێگا بە نەوەی ئیسرائیل بدات خاکەکەی بەجێبهێڵن. ٣ بەڵام من دڵی فیرعەون ڕەق دەکەم و نیشانە و پەرجووەکانم زیاتر دەکەم لە خاکی میسر. ٤ فیرعەون گوێتان لێ ناگرێت، منیش دەستم دەخەمە سەر میسر، لەشکرەکانیشم کە نەوەی ئیسرائیلی گەلەکەمن بە چەند حوکمێکی دادپەروەرانەی مەزن لە خاکی میسر دەردەهێنم. ٥ ئیتر میسرییەکانیش دەزانن کە من یەزدانم، کاتێک دەست بۆ میسر درێژ دەکەم و نەوەی ئیسرائیل لەنێویان دەردەهێنم.»
٦ موسا و هارونیش هەروەک یەزدان فەرمانی پێ کردبوون، ئاوایان کرد. ٧ موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، هارونیش هەشتا و سێ ساڵ بوو، کاتێک لەگەڵ فیرعەون قسەیان کرد.

## گۆچانەکەی هارون دەبێتە مار

٨ یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: ٩ «کاتێک فیرعەون لەگەڵتان دەدوێت و دەڵێت: ”پەرجوو بکەن،“ تۆ بە هارون دەڵێیت: ”گۆچانەکەت لە دەستت بگرە و فڕێیبدە پێش فیرعەون،“ ئیتر دەبێتە مارێکی شاخدار.»
١٠ ئیتر موسا و هارون هاتنە لای فیرعەون، چۆن یەزدان فەرمانی پێ کردبوون ئاوایان کرد، هارون گۆچانەکەی فڕێدایە بەردەم فیرعەون و خزمەتکاران، بووە مارێکی شاخدار. ١١ فیرعەونیش بانگی دانایان و سیحربازانی کرد، ئیتر جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد. ١٢ هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێدا و گۆچانەکانیان بوونە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلووشی. ١٣ ئیتر فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ نەگرتن، هەروەک یەزدان فەرمووی.

## کارەساتی یەکەم: خوێن

١٤ دواتر یەزدان بە موسای فەرموو: «دڵی فیرعەون ڕەقە، ڕازی نییە ڕێ بە گەلەکە بدات. ١٥ بەیانی بڕۆ لای فیرعەون، ئەو دەچێتە لای ئاوەکە، لە کەناری نیل بۆی ڕاوەستە و ئەو گۆچانەش کە بووە ماری شاخدار لە دەستت بگرە. ١٦ پێی دەڵێت: ”یەزدانی

[a] ٢٦ بەشەکانی گەل کە بریتی بوون لە هۆزەکان، لە دەشتودەر بوونە لەشکر.

پەروەردگاری عیبرانییەکان منی بۆ لای تۆ نارد و فەرمووی، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و لە چۆڵەوانی بمپەرستن، بەڵام هەتا ئێستا گوێ ناگریت. [١٧]یەزدان ئەمە دەفەرموێت: بەمە دەزانیت کە من یەزدانم، ئەوەتا من بەو گۆچانەی بە دەستمەوەیە لە ئاوی نیل دەدەم و دەیگۆڕێت بۆ خوێن. [١٨]ئەو ماسیانەش کە لەناو نیلن دەمرن و نیل بۆگەن دەبێت، میسرییەکان قێزیان دەبێتەوە لە ئاوی نیل بخۆنەوە.”»

[١٩]یەزدان بە موسای فەرموو: «بە هارون بڵێ: ”گۆچانەکەت لە دەست بگرە و دەستت بۆ سەر ئاوی میسرییەکان درێژ بکە، بۆ سەر جۆگە و نۆکەند و گۆماو و هەموو حەوزەکانیان“ بۆ ئەوەی ببنە خوێن. ئیتر خوێن لە هەموو خاکی میسر دەبێت، تەنانەت لە سەتڵی دارین و لە گۆزەی بەردین.»

[٢٠]موسا و هارونیش ئاوایان کرد، وەک ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ کردن. گۆچانەکەی بەرزکردەوە و ئاوی نیلی گۆڕی، لەبەرچاوی فیرعەون و خزمەتکارەکانی. هەموو ئاوی نیل گۆڕا و بوو بە خوێن. [٢١]ماسییەکانی ناو نیلیش مردن و نیل بۆگەن بوو، میسرییەکانیش نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە، خوێنیش هەموو خاکی میسری گرتەوە.

[٢٢]جادووگەرە میسرییەکانیش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد، دڵی فیرعەونیش ڕەق بوو و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، هەروەک یەزدان فەرمووی. [٢٣]ئینجا فیرعەون ڕووی وەرگێڕا و چووەوە ماڵەکەی خۆی و ئەمەی لە دڵ نەگرت. [٢٤]هەموو میسرییەکانیش دەوروبەری نیلیان هەڵدڕی بۆ ئاو هەتا بیخۆنەوە، چونکە نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە.

## کارەساتی دووەم: بۆق

[٢٥]حەوت ڕۆژ تەواو بوو دوای ئەوەی یەزدان ئاوی نیلی گۆڕی.

٨ یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن بۆ ئەوەی بمپەرستن. [٢]ئەگەر ڕازی نەبیت و ڕێیان نەدەیت، هەموو خاکەکەت پڕدەبێت لە بۆق. [٣]ڕووباری نیل پڕدەبێت لە بۆق، سەردەکەون و دێنە ناو ماڵەکەت و ژووری نوستنەکەت و سەر قەرەوێڵەکەت، هەروەها دەچنە ماڵی خزمەتکارەکانت و سەر گەلەکەت و ناو تەنوورەکانت و تەشتە هەویرەکانت. [٤]بۆق دێتە سەر خۆت و گەلەکەت و خزمەتکارەکانت.“»

[٥]ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «بە هارون بڵێ: ”بە گۆچانەکەت دەست درێژبکە بۆ سەر جۆگە و نۆکەند و گۆماوەکان، بۆق سەربخە بۆ سەر خاکی میسر.“»

[٦]هارونیش دەستی درێژکردە سەر ئاوی میسر، بۆق سەرکەوتن و خاکی میسریان داپۆشی. [٧]جادووگەرەکانیش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد، بۆقیان هێنایە سەر خاکی میسر.

[٨]فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و گوتی: «لە یەزدان بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی بۆق لە خۆم و گەلەکەم دووربخاتەوە، منیش ڕێ بە گەلەکە دەدەم بڕۆن قوربانی بۆ یەزدان سەرببڕن.»

[٩]موساش بە فیرعەونی گوت: «کاتێکم پێ بفەرموو کە بپاڕێمەوە. لە پێناوی خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت، بۆ بڕانەوەی بۆق لە تۆ و لە ماڵەکانت، بەڵام بۆق لە ڕووباری نیل دەمێننەوە.»

[١٠]ئەویش گوتی: «بەیانی.»

موساش گوتی: «وەک ئەوە دەبێت کە گوتت، بۆ ئەوەی بزانیت کە هیچ خودایەک نییە وەک یەزدانی پەروەردگارمان. [١١]بۆقەکانیش لە خۆت و ماڵەکانت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت دوور دەکەونەوە، بەڵام لە ڕووباری نیل دەمێننەوە.»

[١٢]لەدوای ئەوەی موسا و هارون لەلای فیرعەون هاتنە دەرەوە، موسا هاواری بۆ یەزدان کرد لەبەر ئەو بۆقانەی کە وەک بەڵا بەسەر فیرعەونی هێنابوو. [١٣]یەزدانیش بە قسەی موسای کرد، بۆقەکان لە ماڵ و حەوشە و کێڵگەکان مردن. [١٤]کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیان کردنەوە و زەوییەکە گەندەڵ بوو. [١٥]بەڵام کاتێک

فیرعەون بینی خامۆشی هاتە کایەوە، دڵی ڕەق کردەوە و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، هەروەك یەزدان فەرمووی.

## کارەساتی سێیەم: مێشوولە

[١٦]ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «بە هارون بڵێ: ”گۆچانەکەت درێژ بکە و لە خۆڵی زەوی بدە،“ جا خۆڵی زەوی لە هەموو خاکی میسر دەبێتە مێشوولە.» [١٧]ئیتر ئاوایان کرد، هارون بە گۆچانەکەی دەستی درێژکرد و لە خۆڵی زەوییەکەی دا، مێشوولە هاتە سەر خەڵك و سەر ئاژەڵەکان، لە هەموو خاکی میسر هەموو خۆڵی زەوییەکە بوو بە مێشوولە. [١٨]جادووگەرەکانیش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد بۆ پەیدابوونی مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی.

لەبەر ئەوەی مێشوولە لەسەر خەڵك و لەسەر ئاژەڵ مایەوە، [١٩]جادووگەرەکان بە فیرعەونیان گوت: «ئەمە پەنجەی خودایە.» بەڵام فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ نەگرتن، هەروەك یەزدان فەرمووی.

## کارەساتی چوارەم: مێش

[٢٠]ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «بەیانی زوو هەستە و کە فیرعەون بەرەو ئاوەکە دەچێت لەبەردەمی ڕابوەستە و پێی بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن بمپەرستن. [٢١]ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت بڕۆن، ئەوا منیش مێشومەگەزێکی زۆر دەنێرمە سەر خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت و ماڵەکانت، ئیتر ماڵی میسرییەکان پڕ دەبێت لە مێش، تەنانەت زەوییەکەش بە مێش دادەپۆشرێت.

[٢٢]«”بەڵام لەو ڕۆژەدا خاکی گۆشەن[a] جیا دەکەمەوە کە گەلەکەمی لەسەر دەژین، بۆ ئەوەی مێش لەوێدا نەبێت، هەتا بزانیت من یەزدانم لەناوەڕاستی خاکەکەدا. [٢٣]جیاوازییەك لەنێوان گەلەکەم و گەلەکەت دادەنێم، بەیانی ئەم نیشانەیە دەبێت.“»

[٢٤]یەزدانیش ئاوای کرد و مێشومەگەزێکی زۆر هاتنە ناو ماڵی فیرعەون و ماڵی خزمەتکارانی، لە هەموو خاکی میسریش زەوییەکە لەبەر مێش وێران بوو.

[٢٥]ئینجا فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و گوتی: «بڕۆن لەم خاکە قوربانی بۆ خوداتان سەربڕن.»

[٢٦]بەڵام موسا گوتی: «ڕاست نییە ئێمە وا بکەین، چونکە ئەو ئاژەڵانەی کە ئێمە بۆ یەزدانی پەروەردگارمان سەری دەبڕین لەلای میسرییەکان قێزەونە، ئەگەر ئەوەی لەلای میسرییەکان قێزەونە لەبەرچاویان سەری ببڕین، ئایا بەردبارانمان ناکەن؟ [٢٧]سێ ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ یەزدانی پەروەردگارمان سەردەبڕین، وەك پێمان دەڵێت.»

[٢٨]فیرعەونیش گوتی: «من ڕێتان دەدەم بڕۆن و لە چۆڵەوانی قوربانی بۆ یەزدانی پەروەردگارتان سەربڕن، بەڵام دوور مەڕۆن و بۆم بپاڕێنەوە.»

[٢٩]موساش وەڵامی دایەوە: «من لەلای تۆ دەچمە دەرەوە و لە یەزدان دەپاڕێمەوە، ئیتر بۆ بەیانی مێش لە فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی دوور دەکەونەوە، بەڵام ئیتر نابێت فیرعەون فێڵ بکات، هەتا ڕێ بە گەلەکە نەدات بڕۆن بۆ قوربانی سەربڕین بۆ یەزدان.»

[٣٠]جا موسا لەلای فیرعەون هاتە دەرەوە و لە یەزدان پاڕایەوە. [٣١]یەزدانیش بە قسەی موسای کرد، ئیتر مێش لە فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی دوورکەوتنەوە و هیچیان نەما. [٣٢]بەڵام فیرعەون ئەم جارەش دڵی ڕەقکرد و ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن.

## کارەساتی پێنجەم: دەردی مەڕوماڵات

٩ یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ کە یەزدانی پەروەردگاری عیبرانییەکان ئەمە دەفەرموێت: ”ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن بمپەرستن.“ [٢]ئەگەر ڕێیان نەدەیت و

[a] ٢٢ بڕوانە پەیدابوون ١٠:٤٥.

بەردەوام نەهێڵیت بڕۆن، ٣ئەوا یەزدان دەردێکی زۆر گران دەهێنێتە سەر مەڕوماڵاتەکانت کە لە کێڵگەن، بۆ سەر ئەسپ و گوێدرێژ و وشتر و گا و مانگا و مەڕ و بزن. ٤بەڵام یەزدان جیاوازی دەکات لەنێوان مەڕوماڵاتی نەوەی ئیسرائیل و مەڕوماڵاتی میسرییەکان، هیچ ئاژەڵێکی نەوەی ئیسرائیل نامرێت.»

٥یەزدان کاتێکی دیاری کرد و فەرمووی، «بەیانی یەزدان ئەم کارە لە زەوییەکەدا دەکات.» ٦بۆ بەیانی یەزدان ئەم کارەی کرد و هەموو مەڕوماڵاتی میسرییەکان مردن، بەڵام لە ئاژەڵی نەوەی ئیسرائیل یەکێکیشیان نەمرد. ٧فیرعەونیش ناردی و بینییان تەنانەت یەك ئاژەڵی نەوەی ئیسرائیل نەمردووە، بەڵام هێشتا دڵی فیرعەون ڕەق بوو و ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن.

## کارەساتی شەشەم: دومەڵ

٨ئینجا یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: «بە پڕی دەستەکانتان خوڵەمێشی تەنوور بۆ خۆتان ببەن و با موسا لەبەرچاوی فیرعەون بەرەو ئاسمان بەبای بکات. ٩دەبێتە تۆزوبا لە هەموو خاکی میسر، دەبێتە دومەڵی کێم دەرپەڕیو لە هەموو خاکی میسر بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ.»

١٠ئیتر خوڵەمێشی تەنووریان برد و لە بەرامبەر فیرعەون وەستان، موسا بەرەو ئاسمان بەبای کرد و بووە دومەڵی کێمی دەرپەڕیو لە مرۆڤ و لە ئاژەڵ. ١١جادووگەرەکانیش نەیانتوانی لە بەرامبەر موسا بوەستن لەبەر دومەڵەکان، چونکە دومەڵەکان لە جادووگەرەکان و لە هەموو میسرییەکان بوو. ١٢بەڵام یەزدان دڵی فیرعەونی ڕەقکرد و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، هەروەك یەزدان بە موسای فەرموو.

## کارەساتی حەوتەم: تەرزە

١٣یەزدان بە موسای فەرموو: «بەیانی زوو هەستە و لە بەرامبەر فیرعەون بوەستە و پێی بڵێ: "یەزدانی پەروەردگاری عیبرانییەکان ئەمە دەفەرموێت: ڕێ بە گەلەکەم بدە بچن بمپەرستن. ١٤ئەگینا ئەم جارە هەموو گورزەکانم بۆ دڵت و بۆ سەر خزمەتکارەکانت و بۆ سەر گەلەکەت دەنێرم، بۆ ئەوەی بزانیت لە هەموو زەوی هیچ کەسێك وەك من نییە. ١٥دەمتوانی دەستم درێژ بکەم و خۆت و گەلەکەت تووشی دەرد بکەم و لەسەر ڕووی زەوی بتانسڕمەوە. ١٦بەڵام لەبەر ئەوە تۆم هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی توانای خۆمت پیشان بدەم تاکو لە هەموو زەویدا ناوم ڕابگەیەنرێت. ١٧تۆ هێشتا خۆت بە زل دەزانیت لەسەر گەلەکەم و ڕێیان نادەیت بڕۆن. ١٨لەبەر ئەوە بەیانی ئەم کاتە تەرزەیەکی زۆر مەزن دەبارێنم کە لە میسر هاوتای نەبوویێت، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا. ١٩ئێستاش بنێرە و مەڕوماڵاتەکەت و هەموو ئەو شتانەی کە هەتە و لە کێڵگەیە بیانپارێزە، هەموو خەڵك و ئاژەڵێك کە لە کێڵگە دەمێننەوە ئەگەر لە ماڵەوە کۆنەکرێنەوە ئەوا تەرزەکە بە سەریان دەکەوێت و دەمرن."»

٢٠ئیتر دەستوپێوەندەکانی فیرعەون، ئەوانەی کە لە فەرمایشتی یەزدان ترسان، بە کۆیلە و ئاژەڵە ماڵییەکانیانەوە بەرەو ماڵەکان هەڵاتن. ٢١بەڵام ئەوەی فەرمایشتی یەزدانی پشتگوێ خست، ئەوا خزمەتکاران و ئاژەڵە ماڵییەکەی لە کێڵگە بەجێهێشت.

٢٢ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «دەستت بەرەو ئاسمان درێژ بکە و لە هەموو خاکی میسر تەرزە بەسەر خەڵك و ئاژەڵ و هەموو شتێکدا دەبارێت کە لە کێڵگەکانی خاکی میسر گەشە دەکات.» ٢٣ئیتر موسا گۆچانەکەی بەرەو ئاسمان درێژکرد، یەزدانیش هەورەتریشقەی لێدا و ئاگر بەرەو زەوی هات، یەزدان تەرزەی باراندە سەر خاکی میسر. ٢٤بووە تەرزە و ئاگریش لەناو تەرزەکە بریسکەی دەدایەوە. تەرزەکە ئەوەندە مەزن بوو کە لە هەموو خاکی میسر وەك ئەوە نەبووە، لەو کاتەوەی بوونەتە نەتەوە. ٢٥تەرزە لە هەموو خاکی میسری دا، لە هەموو ئەوەی لە کێڵگەدا بوو لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، تەرزە هەموو سەوزایی و ڕووەکی کێڵگەی

کوتایەوە و هەموو داری کێڵگەشی شکاند. [٢٦]تەنها لە خاکی گۆشەن کە نەوەی ئیسرائیلی لێبوو، تەرزە نەبوو.

[٢٧]فیرعەون ناردی و بانگی موسا و هارونی کرد، پێی گوتن: «ئەم جارە گوناهم کرد، یەزدان ڕاستودروستە و من و گەلەکەم تاوانبارین. [٢٨]لە یەزدان بپاڕێنەوە، چونکە لە هەورەتریشقە و تەرزە تێر بووین، منیش ڕێتان دەدەم بڕۆن، ئیتر ڕاناگیرێن.»

[٢٩]موساش وەڵامی دایەوە: «بە چوونەدەرەوەم لە شارەکە دەستم بەرەو یەزدان بەرز دەکەمەوە و نزا دەکەم، ئیتر هەورەتریشقە دەوەستێت و تەرزە نابێت، بۆ ئەوەی بزانیت زەوی هی یەزدانە. [٣٠]بەڵام سەبارەت بە خۆت و خزمەتکارەکانت، من دەزانم هێشتا لە یەزدانی پەروەردگار نەترساون.»

[٣١]کەتان و جۆ تووشی ئافات هاتن، چونکە جۆ لە گوڵکردن و کەتانیش لە تۆوکردن بوو. [٣٢]بەڵام گەنم و ماش تووشی ئافات نەبوون چونکە درەنگ پێدەگەن.

[٣٣]موسا فیرعەونی بەجێهێشت و لە شارەکەش ڕۆیشت، دەستی بەرەو یەزدان بەرز کردەوە و نزای کرد، ئیتر هەورەتریشقە و تەرزە وەستان و باران نەبارییە سەر زەوی. [٣٤]کاتێک فیرعەون بینی باران و تەرزە و هەورەتریشقە وەستاوە، گەڕایەوە سەر گوناه و خۆی و خزمەتکارانی دڵیان ڕەقکرد. [٣٥]ئیتر دڵی فیرعەون ڕەق بوو و ڕێی بە نەوەی ئیسرائیل نەدا بڕۆن، هەروەک یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمووی.

## کارەساتی هەشتەم: کوللە

**١٠** یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ لای فیرعەون، چونکە من دڵی ئەو و دڵی خزمەتکارانی ئەوم ڕەق کردووە، بۆ ئەوەی ئەم نیشانانەم لەنێویان ئەنجام بدەم. [٢]هەروەها بۆ ئەوەی بۆ منداڵ و نەوەکانت باسی ئەوە بکەیت چۆن میسرم کردە گاڵتەجار بەو نیشانانەی لەنێویاندا ئەنجامم داوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.»

[٣]جا موسا و هارون چوونە لای فیرعەون و پێیان گوت: «یەزدانی پەروەردگاری عیبرانییەکان ئەمە دەفەرموێت: ”هەتا کەی مل نادەیت و لەبەردەمم ملکەچ نابیت؟ ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و بمپەرستن، [٤]چونکە ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت، ئەوا من بەیانی کوللە دەهێنمە سەر خاکەکەت. [٥]ڕووی زەوی دادەپۆشرێت و ناتوانرێت تەماشای زەوی بکرێت، ئەوەی لە تەرزەکە بۆتان ماوەتەوە و دەرباز بووە دەیخوات، هەروەها هەموو دارێکیش کە لە کێڵگەکانتان گەشە بکات دەیخوات. [٦]ماڵەکانت و ماڵی هەموو خزمەتکارەکانت و هەموو میسرییەکان پڕ دەکات، ئەو شتەی کە نە باوك و نە باپیرانت بینیویانە، لەو ڕۆژەوەی لەسەر زەوی پەیدا بوون هەتا ئەمڕۆ.“» ئینجا ڕووی وەرگێڕا و لەلای فیرعەون هاتە دەرەوە.

[٧]خزمەتکارانی فیرعەونیش پێیان گوت: «هەتا کەی ئەمە ببێتە تەڵە بۆمان؟ ڕێ بەو پیاوانە بدە با بڕۆن و یەزدانی پەروەردگاریان بپەرستن، ئایا هێشتا نازانیت کە میسر وێران بووە؟»

[٨]ئینجا موسا و هارونیان بردەوە لای فیرعەون، ئەویش پێی گوتن: «بڕۆن یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستن، بەڵام کێ و کێ دەچن؟»

[٩]موساش وەڵامی دایەوە: «بە گەنج و پیرمانەوە دەچین، بە کوڕ و کچ و مەڕوماڵات و ڕەشەوڵاخمانەوە دەچین، چونکە پێویستە جەژن بۆ یەزدان بگێڕین.»

[١٠]فیرعەونیش پێی گوتن: «یەزدان لەگەڵتان بێت![a] ئەگەر بهێڵم لەگەڵ ژن و منداڵەکانتان بڕۆن! دیارە ئێوە نیازتان خراپە. [١١]نەخێر! تەنها پیاوان بڕۆن یەزدان بپەرستن، هەروەک خۆتان داواتان کردووە.» ئیتر موسا و هارون لەبەردەم فیرعەون دەرکران.

[١٢]یەزدان بە موسای فەرموو: «دەستت بۆ سەر خاکی میسر درێژ بکە بۆ کوللە، بۆ ئەوەی بێتە سەر

[a] ١٠ فیرعەون نایەوێت ڕێیان بدات بڕۆن، بەڵام بە گاڵتە پێکردنەوە قسە دەکات.

خاکی میسر و هەموو سەوزایی زەوییەکە بخوات، ئەوەی لە تەرزەکە ماوەتەوە.»

١٣ ئیتر موسا گۆچانەکەی بەسەر خاکی میسردا درێژکرد، بە درێژایی ئەو ڕۆژ و شەوە یەزدان بایەکی ڕۆژهەڵاتی هێنا، کاتێک بووە بەیانی بایەکەی ڕۆژهەڵات کوللەی هەڵگرت. ١٤ کوللە هاتە سەر هەموو خاکی میسر و لەسەر هەموو سنوورەکانی میسر نیشتەوە، ئەوەندە گران بوو کە لەوەوپێش کوللەی وا نەبووە و ناشبێت. ١٥ ڕووی هەموو خاکەکەی داپۆشی و خاکەکە تاریک بوو، هەموو سەوزاییەکی زەوی و هەموو بەروبوومی دارەکان کە تەرزە لێی نەدابوو خواردی، هیچ سەوزایی لە خاکی میسر نەهێشتەوە، بە دار و ڕووەکی کێڵگەوە.

١٦ فیرعەون بە خێرایی بانگی موسا و هارونی کرد و گوتی: «گوناهم سەبارەت بە یەزدانی پەروەردگارتان و سەبارەت بە ئێوەش کرد. ١٧ ئێستاش تەنها ئەم جارە لەم گوناهەم خۆشبن، لە یەزدانی پەروەردگارتان بپاڕێنەوە با تەنها ئەم کارەساتە کوشندەیەم لەسەر لابدات.»

١٨ موساش لەلای فیرعەون هاتە دەرەوە و لە یەزدان پاڕایەوە. ١٩ یەزدانیش بایەکی ڕۆژئاوایی زۆر بەهێزی وەرگێڕا و کوللەکەی هەڵگرت و فڕێیدایە ناو دەریای سوور[a] و یەک کوللە نەما لە هەموو خاکی میسردا. ٢٠ بەڵام یەزدان دڵی فیرعەونی ڕەقکرد و ڕێی نەدا بە نەوەی ئیسرائیل بڕۆن.

## کارەساتی نۆیەم: تاریکی

٢١ ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «دەستت بۆ ئاسمان درێژ بکە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کە چاو چاو نەبینێت.» ٢٢ ئیتر موسا دەستی بۆ ئاسمان درێژکرد و تاریکاییەکی سەخت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باڵی بەسەر خاکی میسردا کێشا. ٢٣ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەس کەسی نەبینی و کەس لە شوێنی خۆی هەڵنەستا، بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل لە نشینگەکانیان ڕووناکییان هەبوو.

٢٤ ئینجا فیرعەون بانگی موسای کرد و گوتی: «بڕۆن یەزدان بپەرستن، تەنها مەڕوماڵات و ڕەشەوڵاخەکانتان بمێنێت، هەروەها ژن و منداڵەکانیشتان با لەگەڵتان بڕۆن.»

٢٥ بەڵام موساش گوتی: «پێویستە ڕێگامان پێبدەیت بۆ ئەوەی قوربانی و قوربانی سووتاندن پێشکەش بکەین بۆ یەزدانی پەروەردگارمان. ٢٦ بەڵکو مەڕوماڵاتیشمان لەگەڵمان دەڕۆن تەنها سمێکیش بەجێنامێنێت، چونکە لەوان هەڵدەگرین بۆ پەرستنی یەزدانی پەروەردگارمان، ئێمە نازانین بە چی یەزدان بپەرستین، هەتا نەگەینە ئەوێ.»

٢٧ بەڵام یەزدان دڵی فیرعەونی ڕەقکرد و ڕێی نەدا بڕۆن. ٢٨ فیرعەونیش پێی گوت: «لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.»

٢٩ موساش وەڵامی دایەوە: «هەروەک گوتت! جارێکی دیکە ناتبینمەوە.»

## کارەساتی دەیەم: مردنی نۆبەرە

١١ یەزدان بە موسای فەرموو: «کارەساتێکی دیکە بەسەر فیرعەون و میسردا دەهێنم، دوای ئەمە ڕێتان دەدات بڕۆن، کاتێک ڕێتان دەدات بڕۆن هەمووان لێرە بە دەرکردن دەردەکات. ٢ بە گەل بڵێ با هەر پیاوێک یان ژنێک داوای خشڵی زێڕ و زیو لە دراوسێ میسرییەکەی بکات.» ٣ یەزدانیش گەلی لەبەرچاوی میسرییەکان ڕێزدار کرد، هەروەها کاربەدەستانی فیرعەون و گەلی میسر بە چاوی ڕێزەوە سەیری موسایان دەکرد.

٤ موسا گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”من لە دەوروبەری نیوەشەودا دێمە ناو میسر. ٥ هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسر دەمرێت، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە هەتا نۆبەرەی ئەو کەنیزەیەی لە پشت دەستاڕە، نۆبەرەی

[a] ١٩ لە زمانی عیبری بە واتای دەریای سوف دێت، کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٢٩.

هەموو ئاژەڵێکی ماڵیش. ٦هاوارێکی مەزنیش لە هەموو خاکی میسردا دەبێت کە وەك ئەوە نەبووە و جارێکی دیکەش نابێت. ٧بەڵام بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل تەنانەت سەگیش پێیان ناوەڕێت، نە بە خەڵك و نە بە ئاژەڵ،” بۆ ئەوەی بزانن یەزدان جیاوازی لەنێوان گەلی میسری و ئیسرائیلی دەكات. ٨ئیتر هەموو خزمەتکارانت دێنە لام و کڕنۆشم بۆ دەبەن و دەڵێن “بڕۆن، خۆت و هەموو ئەو گەلەی لەدوای تۆن،” ئیتر لەپاش ئەوە ئێرە بەجێدەهێڵم و دەڕۆم.» ئینجا موسا بە تووڕەییەوە لەلای فیرعەون هاتە دەرەوە.

٩یەزدان بە موسای فەرموو: «فیرعەون گوێتان لێ ناگرێت، بۆ ئەوەی پەرجووەکانم لە خاکی میسردا زیاد بێت.» ١٠موسا و هارون هەموو ئەم پەرجووانەیان لەبەردەم فیرعەون کرد، بەڵام یەزدان دڵی فیرعەونی ڕەقکرد و ڕێی بە نەوەی ئیسرائیل نەدا لە خاکەکەی بڕۆن.

## سەری ساڵ و جەژنی پەسخە

١٢ یەزدان لە خاکی میسر بە موسا و هارونی فەرموو: ٢«ئەم مانگە بۆتان دەبێتە سەری مانگەکان، بۆ ئێوە یەکەمی مانگەکانی ساڵە. ٣لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل بدوێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگە با هەر پیاوێك لەبری بنەماڵەکەی بەرخێك ببات، بەرخێك بۆ هەر ماڵێك. ٤ئەگەر ماڵێك بچووك بوو و توانای خواردنی بەرخێکی نەبوو، ئەوا ئەو لەگەڵ نزیکترین دراوسێی ماڵەکەی بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان، هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی لە بەرخەکە حیسابی بۆ دەکرێت. ٥دەبێت ئاژەڵێکی ساغ، نێر، یەك ساڵە دانێن بۆ خۆتان، لە بەرخ یان لە گیسك هەڵیاندەبژێرن. ٦لەژێر پارێزگاریتان دەمێنێت هەتا ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە، ئینجا هەموو کۆڕی کۆمەڵی ئیسرائیل لە کاتی خۆرئاوابوون سەری دەبڕن. ٧لە خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە هەردوو لای دەرگاکان و سەری دەرگاکانی ئەو ماڵانەشی دەدەن کە تێیدا دەیخۆن. ٨گۆشتەکەش لەو شەوەدا بە ئاگر دەبرژێنرێت و لەگەڵ نانی فەتیرە و گیای تاڵ دەیخۆن. ٩نەکەن بە خاوی یان لێنراو بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو بێت، سەری و پێی و هەناوی. ١٠لێشی مەهێڵنەوە بۆ بەیانی، ئەوەی لێی دەمێنێتەوە هەتا بەیانی، بە ئاگر بیسووتێنن. ١١ئاواش دەیخۆن، ناوقەدتان بەسترا بێت و پێڵاوەکانتان لە پێتان بێت و گۆچانەکانتان لە دەستتان بێت، بە پەلە دەیخۆن، پەسخەیە[a] بۆ یەزدان.

١٢«من ئەمشەو بە خاکی میسردا تێدەپەڕم و هەموو نۆبەرەیەك لە خاکی میسر دەکوژم، لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خوداوەندەکانی میسردا دەدەم، من یەزدانم. ١٣خوێنەکەش بۆتان دەبێتە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێك خوێنەکە دەبینم، بەسەرتاندا تێدەپەڕم. ئیتر کارەساتی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێك خاکی میسر تووش دەکەم.

١٤«ئەو ڕۆژەش دەبێتە یادگاری بۆتان و دەیکەنە جەژن بۆ یەزدان، فەرزێکی هەتاهەتاییە و نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێت. ١٥حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە[b] دەخۆن. لە ڕۆژی یەکەمەوە هەویرترش[c] لە ماڵەکانتان ناهێڵن، چونکە هەر یەکێك شتێکی بە هەویرترش بخوات لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا ڕۆژی حەوتەم، ئەوا ئەو کەسە لە ئیسرائیل دادەبڕدرێت. ١٦لە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەی پیرۆزبوون[d] ببەستن، هەروەها لە ڕۆژی حەوتەمیش. هیچ کارێك لەو ڕۆژانەدا مەکەن، تەنها خواردن ئامادەکردن نەبێت، بۆ هەرکەسێك دەیخوات. تەنها ئەوە دەکەن.

١٧«ئەم جەژنی فەتیرەش بگێڕن، چونکە لە هەمان ئەم ڕۆژەدا لەشکرەکانتان لە خاکی میسر دەرهێنا.

[a] ١١ پەسخە: عیبری پەسەح، واتە تێپەڕبوون یاخود لێخۆشبوون.

[b] ١٥ هەموو نانێکە کە هیچ جۆرە هەویرترشێکی تێنەکرێت.

[c] ١٥ هەویرترش: لە جیاتی خومرە بۆ هەوێن بەکارهاتووە.

[d] ١٦ بیرۆکەی بنەڕەتی سەرجەم جەژنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەکی: (١) یادکردنەوەی کار و چاکە مەزنەکانی خودا بەرامبەر بە گەلەکەی؛ (٢) خۆتەرخانکردن لەم ڕۆژانەدا تەنها بۆ ستایش و پەرستنی خودا و فێربوون.

نەوە دوای نەوە ئەم جەژنە بگێڕن و وەك فەرزێکی
هەتاهەتایی بەردەوام بێت. ١٨لە چواردەی مانگی
یەکدا، لە ئێوارە نانی فەتیرە بخۆن هەتا ئێوارەی
ڕۆژی بیست و یەکی مانگ. ١٩حەوت ڕۆژ نابێت
هەویرترش لە ماڵەکانتان هەبێت، چونکە هەر
یەکێك شتێکی بە هەویرترش بخوات، ئەوا ئەو کەسە
لە کۆمەڵی ئیسرائیل دادەبڕدرێت، ئەوانەی نامۆن و
ئەوانەی هاوڵاتیشن. ٢٠شتی بە هەویرترش مەخۆن،
دەبێت لە هەموو نشینگەکانتان نانی فەتیرە بخۆن.»
٢١ئینجا موسا هەموو پیرانی ئیسرائیلی بانگکرد
و پێی گوتن: «بڕۆن بۆ خۆتان مەڕوماڵات ببەن،
بەگوێرەی هۆزەکانتان بەرخی پەسخە سەرببڕن.
٢٢دەسکێك زوفا هەڵبگرن و لەو خوێنەی وەربدەن
کە لە تەشتدایە و سەرەوەی دەرگا و هەردوو
لایەکەی پێ خوێناوی بکەن، ئێوەش هەتا بەیانی
کەستان لە دەرگای ماڵەکەی ناچێتە دەرەوە.
٢٣یەزدان تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی لە میسرییەکان
بدات، کاتێك خوێنەکە دەبینێت کە لەسەر دەرگا و
هەردوو لایەکەی دراوە ئیتر یەزدان بەسەر دەرگاکە
تێدەپەڕێت و ناهێڵێت لەناوبەر بێتە ماڵەکانتان بۆ
لێدانتان.

٢٤«ئەم ڕێوەڕەسمە بۆ هەتاهەتایە وەك فەرزێك
بۆ خۆتان و نەوەکانتان بەجێدەهێنن. ٢٥ئەوە دەبێت
کاتێك دێنە ناو ئەو خاکەی یەزدان دەتانداتێ
هەروەك فەرمووی، ئەم خزمەتە دەپارێزن. ٢٦ئیتر
کاتێك منداڵانتان پێتان دەڵێن: "ئەم خزمەتە چییە
بۆ ئێوە؟" ٢٧ئێوەش دەڵێن: "ئەوە قوربانی پەسخەیە
بۆ یەزدان، کە لە میسر بەسەر ماڵەکانی نەوەی
ئیسرائیلدا تێپەڕی، کاتێك لە میسرییەکانی دا و
ماڵەکانی ئێمەی پاراست."» ئیتر گەل دانەوین و
کڕنۆشیان برد. ٢٨نەوەی ئیسرائیل چوون و بەم
جۆرەیان کرد، وەك ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا
و هارون کرد.

٢٩ئەوە بوو لە نیوەی شەودا یەزدان لە هەموو
نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی
فیرعەونەوە کە لەسەر تەخت دانیشتووە هەتا
نۆبەرەی ئەو دیلەی لە بەندیخانەیە و هەموو
نۆبەرەکانی مەڕوماڵاتیش. ٣٠فیرعەون شەو
هەستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو
میسرییەکان، هاوارێکی مەزن لە میسر پەیدا بوو،
چونکە هیچ ماڵێك نەبوو مردووی نەبێت.

## دەرچوون

٣١بەو شەوە فیرعەون موسا و هارونی بانگکرد
و گوتی: «هەستن! لەنێو گەلەکەم بڕۆنە دەرەوە،
ئێوە و هەموو نەوەی ئیسرائیل، بڕۆن یەزدان
بپەرستن وەك خۆتان داواتان کرد. ٣٢مەڕوماڵات و
گاڕانەکەشتان ببەن وەك گوتتان، بڕۆن و هەروەها بۆ
منیش داوای بەرەکەت بکەن.»

٣٣میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد هەتا
پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان لە خاکەکە، چونکە گوتیان:
«ئەگینا ئێمە هەموومان دەمرین.» ٣٤گەلیش
هەویرەکانیان هەڵگرت پێش ئەوەی هەویرترشی تێ
بکەن، تەشتە هەویرە شێلراوەکانیان لە جلەکانیان
پێچایەوە و لەسەر شانیان دانا. ٣٥هەروەها نەوەی
ئیسرائیل بەم جۆرەیان کرد وەك ئەوەی موسا گوتی،
داوای خشڵی زیو و خشڵی زێڕ و جلوبەرگیان لە
میسرییەکان کرد. ٣٦یەزدانیش گەلی لەبەرچاوی
میسرییەکان ڕێزدار کرد، ئیتر ئەوەی داوایان کردبوو
پێیان دان و بەم شێوەیە میسرییەکانیان تاڵان کرد.
٣٧نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان
کرد بەرەو سوکۆت، نزیکەی شەش سەد هەزار
پیادەی پیاو بێجگە لە ئافرەت و منداڵ. ٣٨هەروەها
کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەرکەوت لەگەڵ ئاژەڵێکی
زۆریش، مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ. ٣٩ئەو هەویرەی لە
میسرەوە هێنابوویان کردیانە کولێرەی فەتیرە، چونکە
بێ هەویرترش بوو، لەبەر ئەوەی لە میسر دەرکران
و نەیانتوانی دوا بکەون، هەروەها خواردنیان بۆ
خۆیان دروستنەکردبوو.

٤٠مانەوەی نەوەی ئیسرائیلیش کە لە میسردا
نیشتەجێ بوون چوار سەد و سی ساڵ بوو. ٤١ئەوە
بوو لە کۆتایی چوار سەد و سی ساڵەکە، لە هەمان

ئەو ڕۆژەدا، هەموو لەشکری یەزدان لە خاکی میسر
چوونە دەرەوە. [٤٢]لەبەر ئەوەی ئەو شەوە یەزدان
ئێشکی گرت بۆ دەرهێنانی گەلی ئیسرائیل لە خاکی
میسر، لەم شەوە هەموو نەوەی ئیسرائیل وەك
ڕێزلێنانێك بۆ یەزدان ئێشك دەگرن بۆ نەوەکانیان.

## فەرزی پەسخە

[٤٣]یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: «ئەمە
فەرزی پەسخەیە:
«هیچ بیانییەك لێی ناخوات. [٤٤]هەر کۆیلەیەکی
پیاوی بە زیو کڕاو دوای ئەوەی خەتەنە دەکرێت
ئینجا لێی دەخوات. [٤٥]بەڵام نیشتەجێی کاتی و
کرێگرتە لێی ناخۆن.
[٤٦]«لە یەك ماڵدا لە گۆشتەکە دەخورێت و
لە ماڵەکە ناچێتە دەرەوە، هیچ ئێسکێکی لێ
ناشکێنرێت. [٤٧]هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل پێویستە
یادی بکەنەوە.
[٤٨]«ئەگەر نامۆیەك لەنێوتاندا بژییێت و بیەوێت
پەسخە بۆ یەزدان بکات، پێویستە هەموو نێرینەیەکی
ماڵەکەی خەتەنە بکرێت. ئینجا وەك لەدایکبوویەکی
خاکەکەی لێدێت، بەڵام خەتەنە نەکراو لێی ناخوات.
[٤٩]یەك یاسا پەیڕەو دەکرێت بۆ هاوڵاتی و بۆ ئەو
نامۆیەی کە لەنێوتان دەژییێت.»
[٥٠]ئیتر هەموو نەوەی ئیسرائیل بەم جۆرەیان کرد
وەك ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا و هارون کرد.
[٥١]ئەوە بوو لە هەمان ئەو ڕۆژەدا یەزدان نەوەی
ئیسرائیلی لەسەر شێوەی لەشکرەکانیان لە خاکی
میسر هێنایە دەرەوە.

## تەرخانکردنی نۆبەرە

١٣ یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«هەموو
نێرینەیەکی نۆبەرە بۆ من تەرخان بکەن.
یەکەم بەری سك لە نەوەی ئیسرائیل لە مرۆڤ و لە
ئاژەڵ، ئەوە بۆ منە.»
[٣]موسا بە گەلی گوت: «یادی ئەم ڕۆژە بکەنەوە
کە لە میسر هاتنە دەرەوە، لە خاکی کۆیلایەتی، کە
بە دەستێکی بەهێز یەزدان لێرە دەریهێنان، هیچ
شتێکی بە هەویرترش مەخۆن. [٤]ئێستا، کە مانگی
ئاڤیڤە[a]، ئێوە میسر بەجێدەهێڵن. [٥]کاتێك یەزدان
دەتانهێنێتە خاکی کەنعانی و حیتی و ئەموری و
حیڤی و یەبوسییەکان، ئەو خاکەی کە سوێندی بۆ
باوباپیرانتان خوارد بتانداتێ کە شیر و هەنگوینی
لێ دەڕژێت، ئەوا لەو مانگەدا ئێوە ئەو ئەرکە
بەجێدەگەیەنن. [٦]حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆن
و لە ڕۆژی حەوتەم جەژنە بۆ یەزدان. [٧]لەو حەوت
ڕۆژەدا نانی فەتیرە دەخورێت و هیچ شتێکی بە
هەویرترش لەلاتان نەبینرێت، هیچ هەویرترشێك لە
هەموو سنوورەکانتان نەبینرێت.
[٨]«لەو ڕۆژەدا بە کوڕەکەت ڕادەگەیەنیت و
دەڵێیت: ”ئەمە لەبەر ئەوەیە، لەبەر ئەو کارەی
کە یەزدان بۆ منی کرد کاتێك لە میسر هاتمە
دەرەوە.“ [٩]بۆت دەبێتە نیشانەیەك لەسەر دەستت
و یادگارییەك لە نێوچەوانت، بۆ ئەوەی فێرکردنی
یەزدان لە دەمت بێت، چونکە بە دەستێکی بەهێز
یەزدان لە میسر دەریهێنایت. [١٠]ئەو فەرزەش ساڵ
لەدوای ساڵ لە کاتی خۆیدا بەجێدەهێنیت.
[١١]«کاتێك یەزدان دەتانهێنێتە خاکی کەنعانییەکان
دەیداتە ئێوە، هەروەك سوێندی خوارد بۆ ئێوە و
بۆ باوکانتان، [١٢]ئەوا ئێوە هەموو بەری یەکەمی سك
و هەموو نۆبەرەیەکی نێرینە لە بەری ماڵاتەکەتان
کە بۆتان دەبێت، دەبێت پێشکەشی یەزدانی
بکەن، ئەوانە بۆ یەزدانن. [١٣]هەموو نۆبەرەیەکی
گوێدرێژیش بە بەرخێك دەکڕنەوە، ئەگەر نەیکڕنەوە،
ملی دەشکێنن. هەموو نۆبەرەیەکیش لە کوڕانتان
دەکڕنەوە.
[١٤]«لە ڕۆژانی داهاتوو کە کوڕەکەت لێت
دەپرسێت و دەڵێت: ”ئەمە چییە؟“ پێی دەڵێیت:
”بە دەستێکی بەهێز یەزدان لە میسر دەریهێناین،
لە خاکی کۆیلایەتی. [١٥]ئەوە بوو کاتێك فیرعەون
کەللەڕەق بوو لە ڕێپێدانمان بۆ ئەوەی بڕۆین،
یەزدان هەموو نۆبەرەیەکی لە خاکی میسر کوشت،

[a] ٤ دەوروبەری مانگی نیسانە لە کاتی دروێنە.

لە نۆبەرەی مرۆڤەوە هەتا نۆبەرەی ئاژەڵ. لەبەر ئەمەیە من هەموو نێرێکی نۆبەرەی سك بۆ یەزدان سەردەبڕم و هەر نۆبەرەیەك لە منداڵەکانم دەکڕمەوە.“ ١٦ئەمەش دەبێتە نیشانە لەسەر دەستت و هێما لەسەر نێوچەوانت، چونکە بە دەستێکی بەهێز یەزدان لە میسر دەریهێناین.»

## ڕۆیشتن بەناو دەریا

١٧ئەوە بوو کە فیرعەون ڕێی دا گەلەکە بڕۆن، خودا ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای خاکی فەلەستییەکان[a]، لەگەڵ ئەوەی نزیکیش بوو، چونکە خودا فەرمووی: «نەوەك گەل پەشیمان ببنەوە کاتێك شەڕ ببینن و بگەڕێنەوە بۆ میسر.» ١٨ئیتر خودا گەلی سووڕاندەوە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی دەریای سوور. نەوەی ئیسرائیل بە ڕیز چەکداربوون بۆ جەنگ و لە خاکی میسرەوە سەرکەوتن.

١٩موساش ئێسکەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دابوو و گوتبووی: «بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم لەگەڵ خۆتان ببەنەوە.»[b]

٢٠دوای ئەوەی لە سوکۆتەوە کۆچیان کرد و لە ئێتام لایاندا لە قەراغی چۆڵەوانی. ٢١یەزدانیش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا لە ڕێگا ڕابەرایەتی دەکردن، بە شەویش لە ستوونێکی ئاگر هەتا ڕووناکییان بۆ ببێت، بۆ ئەوەی بە شەو و ڕۆژ بڕۆن. ٢٢ستوونە هەورەکە بە ڕۆژ و ستوونە ئاگرەکە بە شەو لەبەردەم گەلدا لا نەدەچوون.

١٤ یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ: ”با بگەڕێنەوە و بەرامبەر پیهەحیرۆت چادر هەڵبدەن، لەنێوان مگدۆل و دەریا. لەلای دەریاوە چادر هەڵبدەن، بەرامبەر بە بەعلچیفۆن. ٣فیرعەون دەربارەی نەوەی ئیسرائیل دەڵێت: ’سەرلێشێواون لە خاکەکە، لەنێوان دەریا و چۆڵەوانی گیریان خواردووە.‘ ٤دڵی فیرعەونیش ڕەق دەکەم بۆ ئەوەی بەدوایان بکەوێت. بەڵام بۆ فیرعەون و هەموو سوپاکەی شکۆمەند دەبم، میسرییەکانیش دەزانن کە من یەزدانم.“» ئیتر بەم جۆرەیان کرد.

٥کاتێك بە پاشای میسر ڕاگەیەنرا کە گەلەکە لە دەستی هەڵاتن، دڵی فیرعەون و خزمەتکارانی سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل گۆڕا، گوتیان «ئەمە چی بوو کردمان، کە ڕێمان دا نەوەی ئیسرائیل بڕۆن لە خزمەتکردنمان؟» ٦ئیتر گالیسکەکەی پێ ئامادەکردن و سوپایەکەشی لەگەڵ خۆی برد، ٧شەش سەد گالیسکەی هەڵبژێردراو و هەموو گالیسکەکانی میسر و هەموو ئەفسەرە سواربووەکانیانی برد. ٨یەزدان دڵی فیرعەونی پاشای میسری ڕەقکرد، ئیتر بەدوای نەوەی ئیسرائیل کەوت، نەوەی ئیسرائیلیش ئازایانە بەرەو پێش دەچوون. ٩میسرییەکان دوایان کەوتن. هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی فیرعەون و سوارەکانی و سوپاکەی دوایان کەوتن و پێیان گەیشتن، کاتێك لەلای دەریا چادریان هەڵدابوو، لەلای پیهەحیرۆت بەرامبەر بەعلچیفۆن.

١٠کاتێك فیرعەون نزیك بووەوە، نەوەی ئیسرائیل چاویان هەڵبڕی و بینییان میسرییەکان بەدوایانەوەن، زۆر ترسان و نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان کرد. ١١بە موسایان گوت: «ئایا لەبەر ئەوەی لە میسر گۆڕ نییە بۆ مردن وا ئێمەت هێنایە چۆڵەوانی؟ ئەمە چی بوو پێت کردین هەتا وامان لێ بکەیت لە میسر بێنە دەرەوە؟ ١٢ئەمە ئەو قسەیە نییە کە لە میسر پێمان گوتی: ”لێمانگەڕێ با خزمەتی میسرییەکان بکەین،“ چونکە بۆ ئێمە باشترە خزمەتی میسرییەکان بکەین وەك لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟»

١٣موساش وەڵامی گەلی دایەوە: «مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە ڕزگاریی یەزدان کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات، چونکە وەك ئەوەی ئەمڕۆ

---

[a] ١٧ فەلەستییەکان: کۆمەڵێك بوون لە دوورگەکانی دەریای ناوەڕاستەوە هاتن و لە خاکی فەلەستینی ئێستادا نیشتەجێ بوون. بڕوانە ئامۆس ٩:٧.

[b] ١٩ بڕوانە پەیدابوون ٥٠:٢٥.

میسرییەکانتان بینی، ئیتر هەتاهەتایە نایانبیننەوە.
[١٤]یەزدان بۆتان دەجەنگێت و ئێوەش بێدەنگ
دەبن.»
[١٥]یەزدان بە موسای فەرموو: «چییە هاوارم بۆ
دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن.
[١٦]تۆش گۆچانەکەت بەرز بکەرەوە و دەستت بۆ
سەر دەریاکە درێژ بکە و لێکی بکەرەوە، ئیتر
نەوەی ئیسرائیل دەچنە ناوەڕاستی دەریاکە بۆ سەر
وشکانی ژێرەوەی. [١٧]ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان
ڕەق دەکەم، ئەوانیش بەدوایاندا دێن، منیش
شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی و
گالیسکە و سوارەکانی. [١٨]میسرییەکانیش دەزانن کە
من یەزدانم، کاتێك شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و
گالیسکە و سوارەکانی.»
[١٩]ئینجا فریشتەکەی خودا کە لەپێش سوپای
ئیسرائیلییەکانەوە دەڕۆیشت شوێنەکەی گواستەوە
و لە دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش
لەپێشیانەوە گواستییەوە و لە دواوەیان وەستا. [٢٠]هاتە
نێوان لەشکری میسرییەکان و سوپای ئیسرائیلییەکان،
ئیتر هەورەکە بە درێژایی شەو تاریکی بۆ لایەك
هێنا و ڕووناکی بۆ لایەکی دیکە. بۆیە بە درێژایی
شەو هیچیان نزیکی یەکتر نەبوونەوە.
[٢١]موساش دەستی بۆ سەر دەریاکە درێژکرد،
یەزدان بە درێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی توند
دەریاکەی ڕاماڵی، دەریاکەی کردە زەوی وشك و
ئاوەکە شەق بوو. [٢٢]ئیتر نەوەی ئیسرائیل چوونە ناو
دەریاکە بۆ سەر وشکانی ژێرەوەی، ئاو بووە دیوار
بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە.
[٢٣]میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو
ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی
لە دوایان هاتنە ناوەندی دەریاکە. [٢٤]ئەوە بوو
لە چاوەڕوانی بەرەبەیان، یەزدان لە ستوونی
ئاگر و هەورەوە بەرەو خوار تەماشای لەشکری
میسرییەکانی کرد و سەری لە لەشکری میسرییەکان
شێواند. [٢٥]چەرخەی گالیسکەکانیانی لێك ترازاند
لەبەر ئەوە بە قورسی لێیاندەخوڕی. میسرییەکان
گوتیان: «با لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل هەڵبێین،
چونکە یەزدان بۆیان دەجەنگێت لە دژی
میسرییەکان.»
[٢٦]یەزدان بە موسای فەرموو: «دەستت بۆ سەر
دەریا درێژ بکە و ئاوەکە بۆ سەر میسرییەکان
و گالیسکە و سوارەکان دەگەڕێتەوە.» [٢٧]موساش
دەستی بۆ سەر دەریاکە درێژکرد و دەمەو بەیان
دەریاکە گەڕایەوە باری جاران، میسرییەکانیش لێی
هەڵدەهاتن، یەزدان میسرییەکانی داتەکاندە ناو
دەریاکە. [٢٨]ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە سەر گالیسکە و
سوارەکانی و هەموو سوپاکەی فیرعەون و دایپۆشین.
ئەوانەی بەدوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکە، کەسیان
لێ نەما.
[٢٩]بەڵام نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکانیدا
ڕۆیشتن بەناو دەریاکەدا و ئاویش دیوار بوو بۆیان لە
ڕاست و چەپیانەوە. [٣٠]یەزدان لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلی
لە دەستی میسرییەکان ڕزگار کرد، ئیسرائیلیش
میسرییەکانیان بینی لە کەناری دەریاکە مردوون.
[٣١]ئیسرائیل ئەو کارە مەزنەی بینی کە یەزدان لە دژی
میسرییەکان بەکاریهێنا، ئیتر گەل لە یەزدان ترسان و
باوەڕیان بە یەزدان و بە موسای بەندەی هێنا.

## سروودی موسا و مریەم

١٥ ئینجا موسا و نەوەی ئیسرائیل ئەم سروودەیان بۆ یەزدان گوت:

«سروود بۆ یەزدان دەڵێم،
چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت،
ئەسپ و سوارەکەی
فڕێدایە ناو دەریا.

[٢]«هێز و سروودم یەزدانە،
بووە بە ڕزگاری بۆم.
ئەمە خودامە و شکۆداری دەکەم،
خودای باوکمە و بە گەورەی دەزانم.
[٣]یەزدان پیاوی جەنگە،
ناوی یەزدانە.

٤گالیسکەکانی فیرعەون و سوپاکەی
فڕێدایە ناو دەریا،
هەڵبژاردەی ئەفسەرەکانی
لە دەریای سوور نوقوم بوون،
٥قووڵایی داپیۆشین،
کەوتنە بنەوە وەك بەرد.
٦دەستی ڕاستت، ئەی یەزدان،
بەتوانایە بۆ شکۆمەندیت.
دەستی ڕاستت، ئەی یەزدان،
دوژمن تێکدەشکێنێت.

٧«بە مەزنی و پایەبەرزیت
بەرهەڵستەکانت پێشێل دەکەیت،
جۆشی تووڕەییت دەبارێنیت
وەك پووش دەیانخوات.
٨بە بای لووتت
ئاوەکان گرد بوونەوە،
ئاوەڕۆکان وەك گرد وەستان،
قووڵاییەکان لەناو دەریا بەستیان.
٩دوژمن گوتی:
"دوایان دەکەوم، پێیان دەگەم،
تالآن دابەش دەکەم،
گیانم لێیان تێر دەبێت،
شمشێرەکەم ڕادەکێشم،
دەستم لەناویان دەبات."
١٠بەڵام بە بای خۆت فووت کرد،
دەریا داپیۆشین،
ڕۆچوون وەك قورقوشم،
لە ئاوێکی مەزن.
١١ئەی یەزدان، کێ لەنێو خوداوەندەکان وەك تۆیە؟
کێ وەك تۆ
پایەبەرزە لە پیرۆزی،
سامناك لە شکۆمەندی،
دروستکەری کاری سەرسوڕهێنەر؟

١٢«دەستی ڕاستت درێژکرد،
زەوی قووتی دان.
١٣ئەو گەلەی کڕیتەوە،
بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت ڕابەرایەتی
دەکەیت،
بە هێزی خۆت ڕێنمایی دەکەیت،
بۆ نشینگەی پیرۆزت.
١٤گەلان گوێیان لێ دەبێت و دەلەرزن،
دانیشتووانی فەلەستیە ژان دەیانگرێت.
١٥سەرکردەکانی ئەدۆم سەرسام دەبن،
ڕابەرەکانی مۆئاب لەرز دەیانگرێت،
هەموو دانیشتووانی کەنعان دەتوێنەوە.
١٦سامناکی و تۆقین دێتە سەریان.
ئەی یەزدان، بە هێزی بازووت
وەك بەرد لە شوێنی خۆیان دەچەقن،
هەتا ئەوەی گەلەکەت دەپەڕێتەوە،
هەتا ئەو گەلەی کڕیوتە دەپەڕێتەوە.
١٧دەیانهێنیت و دەیانچێنیت
لە کێوی میراتت،
ئەو شوێنەی بۆ نیشتەجێی خۆت دروستت کرد
ئەی یەزدان،
ئەی پەروەردگار، ئەو پیرۆزگایەی کە
دەستەکانت دایمەزراند.

١٨«یەزدان پاشایەتی دەکات
بۆ هەتاهەتایە.»

١٩کاتێك ئەسپی فیرعەون بە گالیسکە و
سوارەکانیەوە بۆ ناو دەریا هات، یەزدانیش ئاوی
دەریای هێنایەوە سەریان، بەڵام نەوەی ئیسرائیل
بەسەر وشکانیدا بە ناوەندی دەریادا ڕۆیشتن.
٢٠ئینجا مریەمی پێغەمبەر کە خوشکی هارون بوو،
دەستی دایە دەف و هەموو ئافرەتەکانیش بە دەف
و سەماوە بەدوایەوە ڕۆیشتن. ٢١مریەمیش سروودی
بۆ گوتن:

«سروود بۆ یەزدان بڵێ،
چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت،
ئەسپ و سوارەکانی
فڕێدایە ناو دەریا.»

## مێرگەکانی مارا و ئێلیم

٢٢ئینجا موسا کۆچی بە نەوەی ئیسرائیل کرد و لە
دەریای سوورەوە پەڕینەوە بۆ چۆڵەوانی شوور، سێ
ڕۆژ بە چۆڵەوانیدا ڕۆیشتن و ئاویان نەدۆزییەوە.
٢٣کاتێک هاتنە مارا، نەیانتوانی ئاوەکەی ئەوێ
بخۆنەوە، چونکە تاڵ بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە
ناونراوە مارا.[a] ٢٤جا گەل بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا کرد
و گوتیان: «چی بخۆینەوە؟»

٢٥موساش هاواری بۆ یەزدان کرد، یەزدانیش
دارێکی پیشان دا و ئەویش فڕێیدایە ناو ئاوەکە، ئیتر
ئاوەکە سازگار بوو.

لەوێ یەزدان فەرز و یاسای بۆ دانان و لەوێش
تاقی کردنەوە. ٢٦فەرمووی: «ئەگەر بە باشی گوێ
لە دەنگی یەزدانی پەروەردگارت بگریت و ئەوەی
ڕاستە لەبەرچاوی بیکەیت و گوێ بۆ فەرمانەکانی
شل بکەیت و هەموو فەرزەکانی بەجێبهێنیت، هیچ
نەخۆشییەک لەوانەی خستمە سەر میسرییەکان
نایخەمە سەر تۆ، چونکە من یەزدانم، ئەوەی چاکت
دەکاتەوە.»

٢٧ئینجا هاتنە ئێلیم، لەوێ دوازدە کانیاو و حەفتا
دار خورمای لێبوو، ئیتر لەوێ لەلای ئاوەکان لایاندا.

## مەن و سوێسکە

١٦ لەدوای ئەوە لە ئێلیم کۆچیان کرد و
هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل هاتنە
چۆڵەوانی سین[b] کە لەنێوان ئێلیم و سینایە، لە
ڕۆژی پازدەی مانگی دووەم لەدوای کۆچکردنیان لە
خاکی میسر. ٢هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە
چۆڵەوانیدا بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد.
٣نەوەی ئیسرائیل پێیان گوتن: «خۆزگە بە دەستی
یەزدان لە خاکی میسردا بمردبووینایە، بۆ خۆمان
لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان
دەخوارد، بەڵام ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە
هەتا هەموو ئەم کۆمەڵە بە برسێتی بکوژن.»
٤یەزدانیش بە موسای فەرموو: «من لە ئاسمانەوە
نانتان بۆ دەبارێنم، گەلیش دەبێت بچنە دەرەوە
و هەر ڕۆژە و پێویستی ئەو ڕۆژە هەڵبگرنەوە.
بەم شێوەیە تاقییان دەکەمەوە ئاخۆ بەگوێرەی
فێرکردنەکەم دەڕۆن یان نا. ٥ئەوە دەبێت لە ڕۆژی
شەشەم ئەوەی دەیهێنن ئامادەی بکەن، ئیتر دەبێتە
دوو ئەوەندەی ئەوەی ڕۆژانە هەڵیدەگرنەوە.»

٦جا موسا و هارون بە هەموو نەوەی ئیسرائیلیان
گوت: «ئێوارە دەزانن کە یەزدان ئێوەی لە خاکی
میسر دەرهێنا. ٧بەیانیش شکۆی یەزدان دەبینن
لە گوێگرتنی لە بۆڵەبۆڵتان لە دژی یەزدان، بەڵام
ئێمە چین تاکو لە دژمان بۆڵەبۆڵ بکەن؟» ٨موسا
گوتی: «ئێوە بەوە دەزانن کە یەزدانە کاتێک ئێواران
گۆشتتان دەداتێ و بەیانیان نانتان دەداتێ بیخۆن،
چونکە گوێی لە بۆڵەبۆڵتان بوو لە دژی. بەڵام ئێمە
کێین؟ بۆڵەبۆڵتان لە دژی ئێمە نییە، بەڵکو لە دژی
یەزدانە.»

٩موسا بە هارونی گوت: «بە هەموو کۆمەڵی
نەوەی ئیسرائیل بڵێ: ”نزیک ببنەوە بۆ بەردەم
یەزدان، چونکە گوێی لە بۆڵەبۆڵتان بوو.“»

١٠ئەوە بوو لەو کاتەی هارون لەگەڵ هەموو
کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل دەدوا، ئاوڕیان دایەوە
بەرەو چۆڵەوانی و بینییان شکۆمەندی یەزدان لەناو
هەور دەبینرێت.

١١ یەزدانیش بە موسای فەرموو: ١٢«گوێم لە
بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو، لەگەڵیان بدوێ و
بڵێ: ”ئێواران گۆشت دەخۆن و بەیانی تێر نان دەبن،
ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگارتانم.“»

١٣ئەوە بوو لە ئێوارە سوێسکە[c] بەرز بوونەوە
و ئۆردوگاکەیان داپۆشی، بەیانیش شەونم لە

---

[a] ٢٣ مارا: مەبەستی تاڵە.

[b] ١ چۆڵەوانی سین: لەوانەیە لەنێوان چۆڵەوانی پاران و چۆڵەوانی سینا بووبێت.

[c] ١٣ سوێسکە: باڵندەیەکی بچووکە، لە شێوەی کەوە، لە پۆلێکی گەورەدا کۆچ دەکەن، لە ئاستێکی نزمدا دەفڕن و هێلانەکانیشیان لەسەر زەوی دروستدەکەن. بڕوانە سەرژمێری ٣١:١١.

دەوروبەری ئۆردوگا کەوتبوو. [١٤]کاتێک شەونمە کەوتووەکەش بەرزبووەوە، بینییان وا لەسەر ڕووی چۆڵەوانییەکە شتێکی وردی وەک توێکڵ، ورد وەک زوقم لەسەر زەوییەکەیە. [١٥]کاتێک نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان بینی بە یەکتریان گوت: «ئەوە چییە؟» چونکە نەیاندەزانی چییە.

موساش پێی گوتن: «ئەوە ئەو نانەیە کە یەزدان بە ئێوەی داوە بۆ ئەوەی بیخۆن. [١٦]ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان فەرمانی کردووە: "با هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی لێی هەڵبگرێتەوە، ئۆمرێک[a] بۆ هەر یەکێک بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان هەریەکە بۆ ئەوانەی لە چادرەکەی ئەون دەیباتەوە."»

[١٧]نەوەی ئیسرائیلیش بەم جۆرەیان کرد و زۆر و کەم هەڵیانگرتەوە. [١٨]بەڵام کاتێک بە ئۆمر پێوایان، نە ئەوەی زۆری کۆکردووەتەوە زیادی کردووە و نە ئەوەی کەمی کۆکردووەتەوە کەمی کردووە، هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی هەڵیگرتەوە.

[١٩]موسا پێی گوتن: «هیچ کەس لێی نەمێنێتەوە بۆ بەیانی.»

[٢٠]بەڵام گوێیان لە موسا نەگرت، بەڵکو هەندێک خەڵک لێیان هێشتەوە بۆ بەیانی، جا کرم لێیدا و کەڕووی کرد، موساش لێیان تووڕە بوو.

[٢١]ئیتر هەموو بەیانییەک هەڵیاندەگرتەوە، هەرکەسە بەگوێرەی خواردنی، کە خۆریش گەرم دادەهات دەتوایەوە. [٢٢]ئەوە بوو لە ڕۆژی شەشەمدا دوو ئەوەندە نانیان هەڵگرتەوە، دوو ئۆمر[b] بۆ هەر یەکێک، ئیتر هەموو ڕابەرەکانی کۆمەڵ هاتن و بە موسایان ڕاگەیاند. [٢٣]ئەویش پێی گوتن: «ئەمە ئەوەیە کە یەزدان فەرموویەتی: "بەیانی پشوودانە[c]، شەممەی پیرۆزە بۆ یەزدان، ئەوەی دەیکەن بە نان بیکەن و ئەوەی لێی دەنێن لێی بنێن، هەرچی دەمێنێتەوەش لەلای خۆتانی دابنێن هەتا بۆ بەیانی هەڵبگیردرێت."»

[٢٤]جا دایاننا بۆ بەیانی هەروەک موسا فەرمانی دا، ئیتر نە کەڕووی کرد و نە کرم تێدا پەیدابوو. [٢٥]موسا گوتی: «ئەمڕۆ بیخۆن، چونکە ئەمڕۆ شەممەیە بۆ یەزدان، لە دەشتودەر نایدۆزنەوە. [٢٦]شەش ڕۆژ هەڵیدەگرنەوە، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم شەممەیە و تێیدا نییە.»

[٢٧]ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەم هەندێک لە خەڵکەکە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی هەڵیبگرنەوە، بەڵام نەیاندۆزییەوە. [٢٨]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «هەتا کەی ئێوە ڕەتی دەکەنەوە فەرمان و فێرکردنەکەم بپارێزن؟ [٢٩]بڕوانن، یەزدان شەممەی پێداون، بۆیە لە ڕۆژی شەشەمدا نانی دوو ڕۆژتان پێدەدات، با هەریەکە لە شوێنی خۆی دابنیشێت، با کەس لە ڕۆژی حەوتەم شوێنی خۆی بەجێنەهێڵێت.» [٣٠]ئیتر گەل لە ڕۆژی حەوتەم پشوویان دا.

[٣١]بنەماڵەی ئیسرائیلیش ناویان لە نانەکە نا مەن[d]. وەک تۆوی گژنیژ سپییە و تامیشی وەک ناسکە نانی[e] بە هەنگوینە. [٣٢]موسا گوتی: «ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان فەرمانی کردووە: "ئۆمرێکی لێ پڕ بکەن و با بۆ نەوەکانتان بپارێزرێت، بۆ ئەوەی ئەو نانە ببینن کە لە چۆڵەوانی دەرخواردم دان کاتێک لە خاکی میسر دەرمهێنان."»

[٣٣]ئینجا موسا بە هارونی گوت: «گۆزە ببە و پڕ بە ئۆمرێک مەنی تێبکە. ئینجا لەبەردەم یەزدانی دابنێ تاکو بۆ نەوەکانتان بپارێزرێت.»

[٣٤]هەروەک یەزدان فەرمانی بە موسا دا، لە دواییدا

[a] ١٦ ئۆمر: نزیکەی ٢,٢ لیتر.

[b] ٢٢ دوو ئۆمر: نزیکەی چوار لیتر و نیو.

[c] ٢٣ هۆی ئەم ئاهەنگگێڕانە لەوەوە دێت کە خودا هەموو شتێکی لە شەش ڕۆژدا بەدیهێنا و لە ڕۆژی حەوتەم پشووی دا، بۆیە ئاهەنگگێڕانە بۆ پشوودان و پیرۆزی. ئەو وشەیەی لە زمانی عیبری بۆ پشوودان بەکارهێنراوە وشەی (شەبات)ـە، بەڵام ئەمە واناگەیەنێت کە ڕۆژی پشوودانەکە ڕۆژی شەممە بووبێت. بڕوانە پەیدابوون ٣:٢.

[d] ٣١ مەن واتە «ئەمە چییە؟» بڕوانە ئایەتی ١٥.

[e] ٣١ ناوەشکێنە.

هارون مەنەکەی لەناو سندوقەکەی پەیمان[a] دانا بۆ پاراستنی. ٣٥نەوەی ئیسرائیل چل ساڵ مەنیان خوارد هەتا هاتنە خاکی ئاوەدانی، مەنیان خوارد هەتا هاتنە سنووری خاکی کەنعان.
٣٦ئۆمریش دەیەکی ئێفەیە.[b]

## هەڵقوڵانی ئاو لە تاشەبەرد

١٧ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی سینەوە کۆچیان کرد، بەگوێرەی کۆچەکانیان کاتێك یەزدان فەرمانی پێ دەکردن، لە ڕەفیدیم لایاندا، بەڵام ئاو نەبوو بۆ خواردنەوە بۆ گەل. ٢جا گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و گوتیان: «ئاومان بدەنێ بیخۆینەوە.»

موساش وەڵامی دانەوە: «بۆچی دەمەقاڵێم لەگەڵ دەکەن؟ بۆچی یەزدان تاقی دەکەنەوە؟»

٣بەڵام گەل لەوێ تینوویان بوو و کەوتنە بۆڵەبۆڵ لەسەر موسا. گوتیان: «بۆچی ئێمەت لە میسرەوە هێنایە دەرەوە، هەتا خۆمان و منداڵ و مەڕوماڵاتمان بە تینوێتی بمرین؟»

٤ئیتر موسا هاواری بۆ یەزدان کرد و گوتی: «چی لەم گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی دیکە بەردبارانم دەکەن.»

٥یەزدانیش بە موسای فەرموو: «لەپێش گەلدا بڕۆ و هەندێك پیری ئیسرائیل لەگەڵ خۆت ببە و ئەو گۆچانەش کە پێی لە ڕووباری نیلت دا لەگەڵ دەستت بیبە و بڕۆ. ٦من لەپێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشەبەردە[c] لە حۆرێڤ وەستاوم. لە تاشەبەردەکە دەدەیت، ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت و گەل دەیخۆنەوە.» موساش بەم جۆرەی کرد لەبەرچاوی پیرانی ئیسرائیل. ٧ئەو شوێنەیان ناونا مەسا و مەریبا[d]، لەبەر دەمەقاڵێی نەوەی ئیسرائیل و لەبەر ئەوەی یەزدانیان تاقی کردەوە و گوتیان «ئایا یەزدان لەنێوانمانە یان نا؟»

## بەزاندنی عەمالێقییەکان

٨عەمالێقییەکان هاتن و شەڕیان لەگەڵ ئیسرائیل کرد لە ڕەفیدیم. ٩موساش بە یەشوعی[e] گوت: «چەند پیاوێکمان بۆ هەڵبژێرە و بڕۆ لە دژی عەمالێقییەکان شەڕ بکە، من بەیانی لەسەر سەری گردەکە دەوەستم و گۆچانەکەی خوداش لە دەستم دەبێت.»

١٠یەشوعیش بە قسەی موسای کرد، لە دژی عەمالێقییەکان جەنگا، موسا و هارون و حووریش سەرکەوتنە سەر گردەکە. ١١ئەوە بوو کاتێك موسا دەستی بەرز دەکردەوە ئەوا نەوەی ئیسرائیل سەردەکەوتن، بەڵام کاتێك دەستی دەهێنایە خوارەوە عەمالێقییەکان سەردەکەوتن. ١٢کاتێك دەستەکانی موسا قورس بوون بەردێکیان هێنا و لە ژێری دایاننا، لەسەری دانیشت. ئینجا هارون و حوور یەکێکیان لەم لاوە و ئەوی دیکە لەو لاوە دەستیان گرت، ئیتر هەتا ئاوابوونی خۆر دەستەکانی چەسپاو بوون. ١٣یەشوعیش بە شمشێر عەمالێق و لەشکرەکەی بەزاند.

١٤یەزدانیش بە موسای فەرموو: «ئەمە وەك یاداشتێك لە پەڕەیەك بنووسە و بۆ یەشوعی بخوێنەوە، چونکە بە تەواوی یادگاری عەمالێق لەژێر ئاسمان دەسڕمەوە.»

١٥موساش قوربانگایەکی دروستکرد و ناوی لێنا «یەزدان ئاڵای منە» و ١٦گوتی: «دەستم بەرزکردووەتەوە بۆ تەختی یەزدان. یەزدان لە جەنگدا دەبێت لە دژی عەمالێق لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك.»

[a] ٣٤ عیبری: لەبەردەم شایەتی: لەدوای ئەوەی دوو تەختەی پەیمان یان تەختەی ڕاسپاردەکان لەنێو ئەو سندوقە دانرا بوو بە سندوقی پەیمان، بۆ یادکردنەوە و شایەتێك بۆ کردارەکانی خودا. بڕوانە ٢٥:١٠-١٦.

[b] ٣٦ ئێفەیەك بیست و دوو لیترە.

[c] ٦ ئەو تاشەبەردە: بڕوانە سەرژمێری ٨:٢٠ و یەکەم کۆرنسۆس ٤:١٠.

[d] ٧ مەسا واتای (تاقی کردنەوە)یە و مریباش واتای (دەمەقاڵێ) یە.

[e] ٩ یەشوع: لە زمانی عیبری بە واتای (خودا ڕزگار دەکات) دێت کە هاوواتای ناوی عیسایە. بڕوانە مەتا ٢١:١.

## هاتنی یەترۆ بۆ لای موسا

١٨ یەترۆی خەزووری موسا کە کاهینی میدیان بوو، هەموو ئەو شتانەی بیستەوە کە خودا لەگەڵ موسا و ئیسرائیلی گەلەکەی کردبووی، کە یەزدان ئیسرائیلی لە میسرەوە دەرهێناوە.

٢ لەدوای ئەوەی موسا چیپۆرەی ژنی ناردبووەوە یەترۆی خەزووری هێنایەوە، ٣ لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی. ناوی یەکێکیان گێرشۆمە، چونکە موسا گوتی: «نامۆ بووم لە خاکی بێگانە.» ٤ ناوی ئەوەی دیکەشیان ئەلیعەزەر بوو، چونکە گوتی: «خودای باوکم یارمەتیدەرم بوو و فریام کەوت لە شمشێری فیرعەون.»

٥ یەترۆی خەزووری موسا و کوڕەکانی و ژنەکەی هاتنە لای موسا بۆ ئەو چۆڵەوانییەی ئەو لەوێ لەلای کێوی خودا لایدابوو. ٦ یەترۆی هەواڵی بۆ موسا نارد: «من یەترۆم، لەگەڵ ژنەکەت و دوو کوڕەکەی[a] بۆ لای تۆ هاتووم.»

٧ موساش هاتە دەرەوە بۆ پێشوازی خەزووری، کڕنۆشی برد و ماچی کرد، لە هەواڵی یەکتریان پرسی و چوونە ناو چادرەکە. ٨ موساش هەموو ئەو شتانەی بۆ خەزووری گێڕایەوە کە یەزدان بە فیرعەون و میسرییەکانی کرد لە پێناوی گەلی ئیسرائیل و هەموو ئەو ناخۆشییانەی لە ڕێگا تووشیان هات و یەزدان فریایان کەوت.

٩ یەترۆیش دڵخۆش بوو بەو هەموو چاکەیەی کە یەزدان لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل کردی، کە فریایان کەوتبوو لە دەستی میسرییەکان. ١٠ یەترۆ گوتی: «ستایش بۆ یەزدان ئەوەی لە دەستی میسرییەکان و لە دەستی فیرعەون فریاتان کەوت، ئەوەی فریای گەل کەوت لەژێر دەستی میسرییەکان. ١١ کاتێک بەو شتانە لووتبەرز بوون لەسەر ئیسرائیلییەکان، ئێستا زانیم کە یەزدان لە هەموو خوداوەندەکان مەزنترە.» ١٢ جا یەترۆی خەزووری موسا قوربانی سووتاندن و چەند قوربانییەکی دیکەی بۆ خودا هێنا، هارون و هەموو پیرانی ئیسرائیلیش هاتن بۆ ئەوەی لەگەڵ خەزووری موسا بە ئامادەبوونی خودا نان بخۆن.

١٣ ئەوە بوو بەیانی موسا دانیشت بۆ ئەوەی دادوەری بۆ گەل بکات، ئیتر گەل لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەلای موسا ڕاوەستان. ١٤ کاتێک خەزووری موسا هەموو ئەو شتانەی بینی کە موسا بۆ گەل دەیکات، لێی پرسی: «ئەم شتە چییە تۆ بۆ گەل دەکەیت؟ لەبەرچی بە تەنها دانیشتوویت و لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە هەموو گەل لەلات ڕاوەستاون؟»

١٥ موساش وەڵامی خەزووری دایەوە: «چونکە گەل دێنە لام هەتا خواستی خودا بزانن. ١٦ هەروەها کاتێک کێشەیەکیان هەبێت دێنە لام، منیش دادوەری نێوان پیاو و برادەرەکەی دەکەم و فەرز و فێرکردنی خودایان پێ دەناسێنم.»

١٧ خەزووری موساش پێی گوت: «ئەوەی تۆ دەیکەیت باش نییە. ١٨ خۆت و ئەم گەلەش ماندوو دەکەیت کە لەگەڵتن، چونکە کارەکە لە تۆ مەزنترە، ناتوانیت بە تەنها بیکەیت. ١٩ ئێستاش گوێم لێ بگرە و ئامۆژگاریت دەکەم، با خودات لەگەڵ بێت، تۆ نوێنەری گەل بە لە بەرامبەر خودا و داواکارییەکانیان پێشکەش بە خودا بکە. ٢٠ فێری فەرز و فێرکردنیان بکە و ئەو ڕێگایەیان پێ بناسێنە کە دەبێت بیگرنەبەر و ئەو ئەرکانەی کە دەبێت بیانکەن. ٢١ بەڵام لەناو هەموو گەلدا پیاوی بە توانا و لەخواترس هەڵدەبژێریت، پیاوانی دڵسۆز کە ڕقیان لە دەستکەوتی ناڕەوایە، دەیانکەیتە کاربەدەست بەسەر هەزاران و سەدان و پەنجایان و دەیان. ٢٢ هەموو کاتێک دادوەری بۆ گەل دەکەن و هەر داوایەکی گەورە هەبێت دەیهێننە لای تۆ، هەر داوایەکیش بچووک بێت خۆیان دادوەری تێدا دەکەن. ئیتر باری خۆت سووک بکە، ئەوان لەگەڵت هەڵدەگرن. ٢٣ ئەگەر ئەم کارەت کرد و خوداش فەرمانی پێ کردیت، ئەوا دەتوانیت خۆت ڕابگریت و هەروەها هەموو ئەم گەلەش بە ڕەزامەندی دەگەنە شوێنی خۆیان.»

٢٤ موساش گوێی لە قسەکانی خەزووری گرت و

[a] ٦ دوو کوڕەکەی: مەبەست لە دوو کوڕەکەی موسایە.

هەموو ئەو شتانەشی کرد کە گوتی. [٢٥]موسا پیاوی بە توانای لە هەموو ئیسرائیل هەڵبژارد و کردنی بە ڕابەر بۆ گەل، کاربەدەست بەسەر هەزاران و سەدان و پەنجایان و دەیان. [٢٦]ئیتر هەموو کاتێك دادوەریان بۆ گەل دەکرد و داوای گرانیشیان دەهێنایە لای موسا. بەڵام هەموو داوایەکی بچووك خۆیان دادوەریان تێدا دەکرد.

[٢٧]ئینجا موسا خەزووری بەڕێکرد و یەترۆیش گەڕایەوە خاکی خۆی.

## لە شاخی سینا

١٩ لە مانگی سێیەم لەدوای ئەوەی نەوەی ئیسرائیل میسریان بەجێهێشت، لەو ڕۆژەدا هاتنە چۆڵەوانی سینا. [٢]لە ڕەفیدیمەوە کۆچیان کرد و هاتنە چۆڵەوانی سینا، لە چۆڵەوانی لایاندا، ئیسرائیلییەکان لەوێ بەرامبەر کێوەکە لایاندا.

[٣]موساش سەرکەوت بۆ لای خودا، یەزدان لە کێوەکەوە بانگی کرد و فەرمووی: «ئاوا بە بنەماڵەی یاقوب دەڵێیت و ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل ڕادەگەیەنیت: [٤]”خۆتان ئەوەتان بینی کە بە میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لەسەر باڵی هەڵۆکان هەڵگرت و ئێوەم بۆ لای خۆم هێنا. [٥]ئێستاش ئەگەر ئێوە بە تەواوی گوێم لێ بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا گەنجینەیەکی تایبەت دەبن بۆ من لەنێو هەموو گەلان. هەرچەندە هەموو زەوی هی منە، [٦]بەڵام ئێوە بۆم دەبنە پاشایەتی کاهینان و نەتەوەیەکی پیرۆز.“ ئەمانە ئەو وشانەن کە بە نەوەی ئیسرائیلی دەڵێیت.»

[٧]موساش هات و هەموو پیرانی گەلی بانگکرد و هەموو ئەو وشانەی لەبەردەمیان دانا کە یەزدان فەرمانی پێ کردبوو. [٨]هەموو گەلیش پێکەوە وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «هەموو ئەوەی یەزدان فەرموویەتی دەیکەین.» موساش قسەکانی گەلی بۆ یەزدان گێڕایەوە.

[٩]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «من لە چڕی هەوردا دێمە لات، بۆ ئەوەی گەل گوێی لێبێت کاتێك لەگەڵت دەدوێم و هەتاهەتایە باوەڕت پێ بکەن.» موساش وتەکانی گەلی بە یەزدان ڕاگەیاند.

[١٠]هەروەها یەزدان بە موسای فەرمووی: «بڕۆ لای گەل و ئەمڕۆ و بەیانی تەرخانیان بکە. با جلەکانیان بشۆن و [١١]ئامادە بن بۆ ڕۆژی سێیەم، چونکە لە ڕۆژی سێیەم یەزدان لەبەرچاوی هەموو گەل دێتە خوارەوە بۆ سەر شاخی سینا. [١٢]بە چواردەوری کێوەکەدا سنوور بۆ گەل دادەنێیت و دەڵێیت: ”ئاگاداری خۆتان بن، بەسەر کێوەکە مەکەون و دەست لە لێوارەکەی مەدەن، چونکە هەرکەسێك دەست لە کێوەکە بدات دەبێت بکوژرێت. [١٣]ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ، نابێت بژیێت، دەبێت بەردباران یان تیرباران بکرێت، بەبێ ئەوەی کەس دەستی پێی بکەوێت.“ بەڵام لە کاتی فووکردنێکی بەهێز بە کەڕەنادا[a]، ئەوان لە کێوەکە نزیك دەبنەوە.»

[١٤]موساش لە کێوەکە هاتە خوارەوە بۆ لای گەل و تەرخانی کردن، ئەوانیش جلەکانیان شوشت. [١٥]بە گەلی گوت: «ئامادە بن بۆ ڕۆژی سێیەم، لە ئافرەت نزیك مەکەونەوە.»

[١٦]ئەوە بوو سەر لە بەیانی ڕۆژی سێیەم، بووە هەورەتریشقە و بروسك و تەمێکی چڕ لەسەر کێوەکە، دەنگی کەڕەنا زۆر بەرزبووەوە، هەموو گەل ئەوانەی لە ئۆردوگاکە بوون کەوتنە لەرزین. [١٧]ئینجا موسا گەلی لە ئۆردوگاکەوە دەرهێنا بۆ دیداری خودا، جا لە خوارەوەی کێوەکە وەستان. [١٨]هەموو شاخی سیناش دووکەڵی دەکرد لەبەر ئەوەی یەزدان بە ئاگرەوە هاتە خوارەوە بۆ سەری و دووکەڵیش وەك دووکەڵی کوورە بەرزبووەوە و هەموو کێوەکەش بە توندی لەرزی. [١٩]دەنگی کەڕەناش جار لەدوای جار بەرزتر دەبوو. موسا دەدوا و خوداش بە دەنگ وەڵامی دەدایەوە.

[٢٠]یەزدان هاتە خوارەوە بۆ سەر شاخی سینا و موسای بۆ سەری کێوەکە بانگکرد. موساش

[a] ١٣ کەڕەنا لە شاخی بەران دروستکراوە، شێوازی لێدانی بە دەنگێکی بەهێز و بەردەوامە بە واتای نیشانەی نزیکبوونەوەیە لە کێوەکە.

سەرکەوت. ٢١یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ
خوارەوە و گەل ئاگادار بکەرەوە، نەوەك پێشێلی
بکەن بۆ بینینی یەزدان و زۆریان لەناوبچن.
٢٢هەروەها ئەو کاهینانەش کە لە یەزدان نزیك
دەبنەوە، با خۆیان تەرخان بکەن، نەوەك یەزدان بە
ڕوویاندا هەڵبشاخێت.»
٢٣موساش بە یەزدانی گوت: «گەل ناتوانێت
بۆ شاخی سینا سەربکەوێت، چونکە تۆ ئاگادارت
کردینەوە و فەرمووت: ”سنوور بۆ کێو دابنێ و
تەرخانی بکە.“»
٢٤یەزدانیش پێی فەرموو: «بڕۆ خوارەوە، پاشان
لەگەڵ هارون سەربکەوە، بەڵام کاهینەکان و گەل با
پێشێلی نەکەن بۆ سەرکەوتن بۆ لای یەزدان، نەوەك
بە ڕوویاندا هەڵبشاخێت.»
٢٥ئیتر موسا بۆ لای گەل چووە خوارەوە و پێی
گوتن.

## دە ڕاسپاردەکە

٢٠ خودا هەموو ئەم فەرمایشتانەی بە گەل
فەرموو:
٢«من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی
میسرەوە دەرمهێنان، لە خاکی کۆیلایەتییەوە.
٣«هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان
نەبێت.
٤«پەیکەر[a] بۆ خۆتان دروستمەکەن، نە لە هیچ
شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە، نە
ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی
لەناو ئاون لەژێر زەوییەوە. ٥کڕنۆشیان بۆ
مەبەن و مەیانپەرستن، چونکە منی یەزدانی
پەروەردگارتان خودایەکی ئیرەدارم[b]، لە
جیاتی گوناهی باوکان سزای منداڵان دەدەم،
هەتا نەوەی سێیەم و چوارەمی ناحەزەکانم،
٦بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ بۆ هەزاران لە
خۆشەویستانم دەردەخەم، ئەوانەی گوێڕایەڵی
ڕاسپاردەکانم دەبن.
٧«ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ
مەهێنن[c]، چونکە ئەو کەسانە لەلای یەزدان
ئەستۆ پاك نابن کە بۆ شتی پوچەڵ ناوی
دەهێنن.
٨«ڕۆژی شەممەتان[d] لە یاد بێت، تاکو بە پیرۆزی
ڕایبگرن. ٩شەش ڕۆژ ئیش دەکەن و هەموو
کارەکەتان دەکەن، ١٠بەڵام ڕۆژی حەوتەم
شەممەیە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان، هیچ
کارێك مەکەن. خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار
و کارەکەر و ئاژەڵەکانتان و ئەو نامۆیەی لەناو
دەروازەی شارەکەتانە هیچ کارێك مەکەن،
١١چونکە یەزدان لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و
زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیاندایە
دروستی کردن، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم پشووی
دا، لەبەر ئەمە یەزدان ڕۆژی شەممەی
بەرەکەتدار و پیرۆز کرد.
١٢«ڕێزی دایك و باوکتان بگرن، بۆ ئەوەی تەمەن
درێژ بن لەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارتان
پێتان دەدات.
١٣«مەکوژن[e].
١٤«داوێنپیسی مەکەن.
١٥«دزی مەکەن.
١٦«بە درۆ شایەتی لەسەر کەس مەدەن.
١٧«چاو مەبڕنە ژنی کەس. چاو مەبڕنە ماڵ و
خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی
هیچ کەسێك و هەر شتێك کە هی کەسێکی
دیکە بێت.»

[a] ٤ تاشینی پەیکەر، بە مەبەستی پەرستن وەك بت، بڕوانە بەشی ٣٢.

[b] ٥ بە واتای حەسوود دێت، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

[c] ٧ بەکارهێنانی ناوی خودا بە کەمتەرخەمی، بۆ نموونە هەر بە سەرزارەکی بگوترێت: بەخوا، وەڵڵا.

[d] ٨ ڕۆژی پشوودان. بڕوانە ١٦:٢٣.

[e] ١٣ مەکوژن: مەبەست بە ئەنقەست یان بە تووڕەیی. بڕوانە بەشی ١٢:٢١-١٧ و دواوتار ٤:٤١-٤٢.

[١٨]کاتێك هەموو گەل بروسك و کێوەکەیان بینی دووکەڵی دەکرد، گوێیان لە هەورەتریشقە و دەنگی کەڕەنا بوو، لەرزین و لە دوورەوە وەستان. [١٩]بە موساشیان گوت: «تۆ لەگەڵمان بدوێ و گوێ دەگرین. با خودا لەگەڵمان نەدوێت، نەوەك بمرین.» [٢٠]موساش بە گەلی گوت: «مەترسن، چونکە خودا هاتووە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە، تاکو ترسی ئەوتان لەبەرچاو بێت و گوناه نەکەن.»

[٢١]گەل لە دوورەوە وەستان و موساش لە تەمە چڕەکە نزیك بووەوە، ئەوەی خودا لەوێ بوو.

## پەیکەر و قوربانگا

[٢٢]یەزدان بە موسای فەرموو: «ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت: "ئێوە بینیتان کە لە ئاسمانەوە لەگەڵتان دوام. [٢٣]هیچ خوداوەندێك دروستمەکەن لەتەنیشت من بێت، بتی زیو و بتی زێڕ بۆ خۆتان دروستمەکەن.

[٢٤]«"بە خۆڵ قوربانگام بۆ دروستدەکەیت و قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشیت[a] لە مەڕ و بزن و گاگەلەکەت لەسەری سەردەبڕیت، لە هەموو ئەو شوێنانە وا دەکەم ناوم بێتەوە یاد، دێمە لات و بەرەکەتدارت دەکەم. [٢٥]ئەگەر بە بەرد قوربانگات بۆ دروستکردم، با بەردەکان تاشراو نەبن، چونکە هەر قەڵەم و چەکوشێکی بخەیتە سەر ئەوا گڵاوی دەکەیت. [٢٦]بە پەیژە سەرمەکەوە سەر قوربانگاکەم نەوەك ڕووتیت لەسەری دەربکەوێت."

٢١ «ئەمانەش ئەو یاسایانەیە کە لەبەردەمیان دایدەنێیت:

## کۆیلەی عیبرانی

[٢]«ئەگەر کۆیلەیەکی عیبرانیتان کڕی ئەوا شەش ساڵ خزمەت دەکات و ساڵی حەوتەم بەخۆڕایی ئازاد دەبێت. [٣]ئەگەر بە تەنها هاتبوو ئەوا بە تەنها ئازاد دەبێت، بەڵام ئەگەر مێردی ژنێك بوو ئەوا ژنەکەشی لەگەڵی ئازاد دەبێت. [٤]ئەگەر گەورەکەی ژنێکی پێدابێت و ژنەکە کوڕ یان کچی بۆی بووبێت، ئەوا ژن و منداڵەکان بۆ گەورەکەی دەبن و ئەو بە تەنها ئازاد دەبێت.

[٥]«بەڵام ئەگەر کۆیلەکە بە ڕاستی بڵێت: "گەورەکەم و ژنەکەم و منداڵەکانم خۆشدەوێت و ئازاد نابم،" [٦]ئەوا گەورەکەی پێویستە بیباتە پێش خودا. ئینجا نزیکی دەکاتەوە لە دەرگاکە یان لەلایەکی چوارچێوەی دەرگاکە، گەورەکەی بە درێشە[b] گوێی کون دەکات، ئەویش هەتاهەتایە خزمەتی دەکات.

[٧]«ئەگەر پیاوێك کچەکەی خۆی فرۆشت وەك کۆیلە، ئەوا وەك پیاوێکی کۆیلە ئازاد نابێت. [٨]ئەگەر کچەکە نەبێتە جێی ڕەزامەندی گەورەکەی، کە نیشانی کردووە بۆ خۆی، ئەوا دەبێت ڕێ بە کچەکە بدات بکڕدرێتەوە. ئیتر مافی فرۆشتنی نییە بە خەڵکێکی بێگانە، چونکە لەگەڵ کچەکە بێوەفا بووە. [٩]ئەگەر کچەکەی نیشان کرد بۆ کوڕەکەی ئەوا پێویستە وەك کچی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. [١٠]ئەگەر ژنێکی دیکەی هێنا، ئەوا پێویستە خواردن و بەرگ و جووتبوونی لەگەڵ ئەو کەم نەکاتەوە. [١١]ئەگەر یەکێك لەو سێیانەی بۆ نەکرد، ئەوا کەنیزەکە بەخۆڕایی ئازاد دەبێت.

[١٢]«ئەوەی لە کەسێك بدات و بیمرێنێت ئەوا دەبێت بکوژرێت. [١٣]بەڵام ئەوەی مەبەستی نەبوو، بەڵکو خودا هێشتی ڕوو بدات، ئەوا من شوێنێکت بۆ دیاری دەکەم هەتا هەڵبێیت بۆ ئەوێ. [١٤]بەڵام ئەگەر یەکێك فێڵ لە برادەرەکەی بکات و بیکوژێت، ئەوا لەلای قوربانگاکەمەوە دەیبەیت بۆ کوشتن.

[١٥]«ئەوەی لە دایك و باوکی بدات، ئەوا دەبێت بکوژرێت.

---

[a] ٢٤ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:‏١١-‏١٥.

[b] ٦ درەوش.

[١٦]«ئەوەی کەسێك بڕفێنێت و بیفرۆشێت یان لەلای بیبیننەوە، ئەوا دەبێت بکوژرێت.

[١٧]«ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێت بکوژرێت.

[١٨]«کاتێك دوو پیاو ناکۆکییان دەبێت و یەکێکیان بە بەرد یان بە مست لە برادەرەکەی بدات و نەمرد بەڵکو لە جێگا کەوت، [١٩]ئەگەر هەستایەوە و لە دەرەوە بە گۆچانەکەی ڕۆیشت، ئەوا ئەوەی لێیداوە بێتاوان دەبێت، تەنها قەرەبووی ئەو کاتەی بۆ بکاتەوە و خەرجی چارەسەرییەکەی بدات، هەتا بە تەواوی چاك دەبێتەوە.

[٢٠]«کاتێك یەکێك لە کۆیلەکەی یان لە کارەکەرەکەی بدات بە دار و لەژێر دەستی مرد، ئەوا سزا دەدرێت، [٢١]بەڵام ئەگەر لەدوای ڕۆژێك یان دووان چاك بووەوە ئەوا سزا نادرێت، چونکە ماڵی خۆیەتی.

[٢٢]«ئەگەر چەند پیاوێك شەڕیان کرد و بە ڕێککەوت لە ژنێکی سکپڕیان دا و بەهۆیەوە منداڵەکەی پێش کاتی خۆی لەدایك بوو، بەڵام زیانی کوشندەی نەبوو، ئەوا بێگومان بەگوێرەی دادگا سزای ماددی دەدرێت، بەپێی ئەوەی مێردی ژنەکە لەسەری دادەنێت. [٢٣]بەڵام ئەگەر زیانی کوشندەی هەبێت، ئەوا گیان لە جێی گیان دەبێت، [٢٤]چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ، [٢٥]سووتان لە جێی سووتان، برین لە جێی برین و لێدان لە جێی لێدان.

[٢٦]«کاتێك یەکێك لە چاوی کۆیلەکەی یان چاوی کارەکەرەکەی دا و کوێری کرد، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی چاوی. [٢٧]ئەگەر ددانی کۆیلەکەی یان کارەکەرەکەی کەوت، ئەوا ئازادی دەکات لە جیاتی ددانی.

[٢٨]«ئەگەر گایەك قۆچی لە پیاوێك یان لە ژنێك دا و مرد، ئەوا گایەکە بەردباران دەکرێت و گۆشتەکەشی ناخورێت. بەڵام خاوەنی گایەکە بێتاوان دەبێت. [٢٩]بەڵام ئەگەر گایەکە پێشتر قۆچوەشێن بێت، خاوەنەکەی ئاگادار کرابێتەوە بەڵام لە پشتیرەکە[a] بەندی نەکردبێت، پیاوێك یان ژنێکی کوشت، ئەوا گایەکە بەردباران دەکرێت و خاوەنەکەشی دەکوژرێت. [٣٠]ئەگەر نرخ بخرێتە سەری، ئەوا بۆ کڕینەوەی ژیانی خۆی هەرچی بکەوێتە سەر دەبێت بیدات. [٣١]یان قۆچ لە کوڕێك یان لە کچێك بدات، ئەوا ئەم حوکمەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت. [٣٢]ئەگەر گایەکە قۆچ لە کۆیلەیەك یان کارەکەرێك بدات، ئەوا گەورەکەی سی شاقل[b] زیو دەدات و گایەکەش بەردباران دەکرێت.

[٣٣]«کاتێك کەسێك سەری بیرێك دەکاتەوە یان بیرێك لێدەدات و سەرەکەی دانەپۆشێت، گایەك یان گوێدرێژێك بکەوێتە ناوی، [٣٤]ئەوا خاوەن بیرەکە قەرەبوو دەداتەوە و زیو دەداتە خاوەنەکەی، ئاژەڵە مردارەوەبووەکەش یان تۆپیوەکە بۆ ئەو دەبێت.

[٣٥]«ئەگەر گای کەسێك لە گای برادەرەکەی دا و کوشتی، ئەوا گایە زیندووەکە دەفرۆشن و نرخەکەی بەش دەکەن، هەروەها گایە مردارەوەبووەکەش دابەش دەکەن. [٣٦]ئەگەر زانراش کە گایەکە پێشتر قۆچوەشێن بووە و خاوەنەکەی لە پشتیرەکە بەندی نەکردووە، ئەوا خاوەن گا قۆچوەشێنەکە دەبێت گایەك لە جێی گایەك بدات و تەنها گایە مردارەوەبووەکەش وەربگرێت.

## پاراستنی موڵك

٢٢ «کاتێك کەسێك گایەك یان بەرخێك دەدزێت، سەری بڕی یان فرۆشتی، ئەوا پێنج مانگا لە جێی گایەکە و چوار مەڕیش لە جێی بەرخەکە دادەتەوە.

[٢]«ئەگەر دزەکە بە شەو بینرا خەریکی بڕین بوو و لێی درا و مرد، ئەوا مافی خوێنی نییە، [٣]بەڵام ئەگەر دوای خۆر هەڵاتن بوو ئەوا مافی خوێنی هەیە.

---

[a] ٢٩ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

[b] ٣٢ سی شاقل: نزیکەی ٣٤٥ گرام.

«دزێك دەبێت قەرەبوو بداتەوە، ئەگەر نەبوونیش بوو ئەوا دەفرۆشرێت.

[٤]«ئەگەر ئاژەڵە دزراوەكەی لە دەست گیرا لە گایەكەوە هەتا گوێدرێژێك و هەتا بەرخێك و زیندوو بن، ئەوا دووان لە جێیان دەداتەوە.

[٥]«كاتێك یەكێك كێڵگەیەك یان ڕەزە مێوێك بكات و ماڵاتی خۆی بەردا و لەناو كێڵگەی یەكێكی دیكە لەوەڕین، ئەوا لە باشترینی بەری كێڵگەكەی و لە باشترینی بەری ڕەزەمێوەكەی قەرەبوو دەداتەوە.

[٦]«كاتێك ئاگر دەرپەڕێت و دەوەن بگرێتەوە و خەرمانكراو یان دەغڵ یان كێڵگە بسووتێنێت، ئەوا ئەوەی ئاگرەكەی كردووەتەوە دەبێت قەرەبوو بدات.

[٧]«كاتێك یەكێك زیو یان شتومەك لەلای كەسێك دادەنێت بۆ ئەوەی چاوی لێی بێت و لە ماڵی ئەو كەسە دزرا كە ئاماناتەكەی لەلایە، ئەگەر دزەكە گیرا ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبوو دەداتەوە. [٨]بەڵام ئەگەر دزەكە نەگیرا ئەوا خاوەن ماڵ دەهێنرێتە بەردەم دادوەرەكان، هەتا بزانرێت ئاخۆ دەستی بۆ موڵكی برادەرەكەی درێژ نەكردووە. [٩]لە هەموو داوایەكی تاوان لەسەر گا، گوێدرێژ، بەرخ، جلوبەرگ یان هەر شتێكی ونبوو كە بگوترێت: ”ئەمە هی منە،“ ئەوا داوای هەردووكیان دەهێنرێتە لای دادوەرەكان، ئەوەی دادوەر تاوانباری بكات، ئەوا دوو ئەوەندە قەرەبوو بۆ نزیكەكەی دەداتەوە.

[١٠]«كاتێك یەكێك گوێدرێژێك یان گایەك یان بەرخێك یان هەر ئاژەڵێكی بداتە دراوسێكەی بۆ ئەوەی چاوی لێی بێت، مردار بووەوە یان بریندار بوو یان تاڵان كرا و كەس نەیبینی، [١١]ئەوا سوێندخواردن بە یەزدان لەنێوانیان دەبێت، ئاخۆ دراوسێكە دەستی بۆ ماڵی كەسەكەی دیكە درێژ نەكردووە، خاوەنەكەشی دەبێت ڕازی بێت، ئیتر قەرەبوو نادات. [١٢]بەڵام ئەگەر ئاژەڵەكە لەلای دراوسێكەی دزرا، ئەوا قەرەبووی خاوەنەكەی دەداتەوە. [١٣]ئەگەر بووە نێچیری ئاژەڵ وەك شایەتی دەیهێنێتەوە، ئیتر قەرەبووی نێچیر ناداتەوە.

[١٤]«كاتێك كەسێك ئاژەڵێك لە دراوسێكەی داوا بكات، لەلای بریندار بێت یان بمرێت و خاوەنەكەی لەگەڵی نەبێت، ئەوا دەبێت قەرەبوو بداتەوە، [١٥]بەڵام ئەگەر خاوەنەكەی لەگەڵی بوو، ئەوا قەرەبوو ناداتەوە، ئەگەر بە كرێ بوویێت ئەوا كرێیەكەی دەدات.

## بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی

[١٦]«كاتێك پیاوێك كچێكی نیشان نەكراو هەڵبخەڵەتێنێت و لەگەڵی جووت بێت، ئەوا بۆ خۆی مارەی دەكات و مارەییش دەدات. [١٧]ئەگەر باوكیشی ڕازی نەبوو بیداتێ، ئەوا زیوی بۆ دەكێشێت وەك مارەیی كچ.

[١٨]«ناهێڵیت جادووگەری ئافرەت بژییێت.

[١٩]«ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵێك جووت بێت دەبێت بكوژرێت.

[٢٠]«ئەوەی قوربانی بۆ هەر خودایەكی جیا لە یەزدان سەرببڕێت، ئەوا پێویستە قڕ[a] بكرێت.

[٢١]«ستەم لە نامۆ مەكە و مەیچەوسێنەوە، چونكە خۆشتان لە خاكی میسر نامۆ بوون.

[٢٢]«هیچ بێوەژن و هەتیوێك زەلیل مەكە. [٢٣]ئەگەر بە هەر شێوەیەك زەلیلت كردن و ئەگەر تەنها هاوارێكم بۆ بكەن، ئەوا بێگومان گوێ لە هاواریان دەگرم. [٢٤]تووڕەییم هەڵدەستێت و بە شمشێر دەتانكوژم و ژنەكانتان دەبنە بێوەژن و منداڵەكانتان دەبنە هەتیو.

[٢٥]«ئەگەر پارەت بە قەرز دا بە هەر هەژارێك لە گەلەكەم ئەوانەی لەلاتن، بۆی مەبە بە سووخۆر، سوودی مەخەرە سەر. [٢٦]ئەگەر كەوای دراوسێكەت بە بارمتە گرت، هەتا ئاوابوونی خۆر، بۆی دەگەڕێنیتەوە، [٢٧]چونكە ئەوە تاكە پۆشاكە كە دراوسێكەت هەیەتی. چی دیكەی هەیە بۆ نوستن؟

---

[a] ٢٠ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان كەسێك كە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەكە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

ئیتر کاتێك هاوارم بۆ دەکات، گوێدەگرم، چونکە من
میهرەبانم.
٢٨«سووکایەتی بە خودا مەکە و نەفرەت لە هیچ
سەرکردەیەکی گەلەکەت مەکە.
٢٩«پێشکەشکردنی پڕی خەرمانەکەت و دڵۆپی
گوشەرەکەت دوا مەخە. نۆبەرەی کوڕەکانت
دەدەیتە من. ٣٠هەمان شت دەکەیت بە گا و
بەرخەکانت، حەوت ڕۆژ لەگەڵ دایکی دەبێت، بەڵام
لە ڕۆژی هەشتەم دەیدەیتە من.
٣١«ئێوە دەبنە گەلێکی پیرۆز بۆ من، بۆیە گۆشتێك
لە دەشتودەر بووبێت بە نێچیر مەیخۆن، بۆ سەگی
فڕێبدەن.

## یاسای دادوەری و بەزەیی

٢٣ «هەواڵی درۆ بڵاو مەکەرەوە، دەست
لەگەڵ بەدکار تێکەڵ مەکە بۆ ئەوەی ببیتە
شایەتی زۆرداری.
٢«دوای کۆمەڵ مەکەوە بۆ کاری خراپ و لە
سکاڵاکردندا بە خواری شایەتی مەدە. ٣لایەنگری بۆ
هەژار دەرمەخە لە سکاڵاکەی.
٤«ئەگەر تووشی گا یان گوێدرێژی دوژمنەکەت
بووی کە بەڕەڵا بووبێت، بۆی بگەڕێنەرەوە. ٥ئەگەر
گوێدرێژی ناحەزەکەتت بینی لەژێر بارەکەیدا
کەوتووە، بەجێی مەهێڵە، بەڵکو پەلە بکە بۆ
یارمەتیدانی.
٦«مافی هەژار ڕەت مەکەرەوە لە سکاڵاکەی. ٧لە
قسەی درۆ دوور بکەوە. بێتاوان و ڕاستودروست
مەکوژە، چونکە تاوانبار بێتاوان ناکەم.
٨«بەرتیل وەرمەگرە، چونکە بەرتیل چاوساغان
کوێر دەکات و قسەی ڕاستودروستان خوار دەکات.
٩«نامۆ مەچەوسێنەوە، دەروونی نامۆ دەناسن،
چونکە خۆشتان لە خاکی میسر نامۆ بوون.

## یاسای شەممە

١٠«شەش ساڵ زەوییەکەت دەچێنیت و
بەرەکەی هەڵدەگریتەوە، ١١بەڵام لە حەوتەمیندا
دەیحەسێنیتەوە و لێی دەگەڕێیت، هەژارانی
گەلەکەت لێی دەخۆن و بەرماوەکەشیان ئاژەڵی
کێوی دەیخوات. هەمان شت دەکەیت لە ڕەزە
مێوەکەت و لە زەیتوونەکەت.
١٢«شەش ڕۆژ کارەکەت دەکەیت، بەڵام
ڕۆژی حەوتەم پشوو دەدەیت بۆ ئەوەی گا و
گوێدرێژەکەشت بحەسێنەوە و کوڕی کارەکەرەکەت
و ئەوەی لەلاشت نامۆیە هەناسەیەك بدەن.
١٣«ئاگاداربن لەوەی ڕێك ئەوە بکەن کە پێم
فەرموون و ناوی خودایەکی دیکە مەهێنن، لە
دەمتانەوە نەبیسترێت.

## سێ جەژنی ساڵانە

١٤«سێ جار لە ساڵێکدا جەژنم بۆ دەگێڕیت.
١٥«هەروەك فەرمانم پێکردن جەژنی فەتیرە
بگێڕن، حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە بخۆن. ئەم جەژنە
لە کاتی خۆیدا بگێڕن، لە مانگی ئاڤیڤ، چونکە ئێوە
لەو مانگەدا لە میسر هاتنە دەرەوە.
«نابێت بە دەستبەتاڵی لەبەردەمم ئامادە بن.
١٦«هەروەها جەژنی دروێنە، یەکەمین بەرهەمی
ڕەنجتان، ئەوەی لە کێڵگە دەیچێنن.
«هەروەها جەژنی کۆکردنەوە لە کۆتایی ساڵدا
کاتێك ڕەنجەکەتان لە کێڵگە کۆدەکەنەوە.
١٧«سێ جار لە ساڵێکدا هەموو نێرینەکانتان
لەبەردەم یەزدانی باڵادەست ئامادە دەبن.
١٨«خوێنی قوربانیم لەگەڵ شتی بە هەویرترش
پێشکەش مەکەن.
«پیوی[a] قوربانی جەژنم هەتا بەیانی نەمێنێتەوە.
١٩«باشترینی یەکەمین بەرهەمی زەوییەکەتان بۆ
ماڵی یەزدانی پەروەردگارتان بهێنن. هیچ کاریلەیەك
بە شیری دایکی لێمەنێن.

## ئامادەکردنی ڕێگاکە لەلایەن فریشتەی خودا

٢٠«ببینن، من فریشتەیەك لەپێشتانەوە دەنێرم
بۆ ئەوەی لە ڕێگا بتانپارێزێت و بتانهێنێتە ئەو

[a] ١٨ پیوی قوربانی یان بەزی قوربانی.

شوێنەی ئامادەم کردووە. [٢١]لێی ئاگاداربن و گوێ
لە فەرمایشتی بگرن و تووڕەی مەکەن، چونکە لە
یاخیبوونتان نابووریت، لەبەر ئەوەی ناوی منی
تێدایە. [٢٢]بەڵام ئەگەر گوێتان لە فەرمایشتی گرت
و هەموو ئەوانەی دەیڵێم جێبەجێی بکەن، ئەوا
دژایەتی دوژمنەکانتان دەکەم و تەنگ هەڵدەچنم
بە تەنگ پێهەڵچنانتان. [٢٣]فریشتەکەم لەپێشتانەوە
دەڕوات و دەتانباتە خاکی ئەموری و حیتی و پریزی و
کەنعانی و حیڤی و یەبوسییەکان، ئەوان لەناودەبەم.
[٢٤]کڕنۆش بۆ خوداوەندەکانیان مەبەن و مەیانپەرستن
و وەك نەریتەکانی ئەوان مەکەن، بەڵکو بە تەواوی
وردوخاشیان بکەن و بەردە تەرخانکراوەکانیان[a]
بە تەواوی بشکێنن. [٢٥]یەزدانی پەروەردگارتان
دەپەرستن، ئەویش نان و ئاوتان بەرەکەتدار دەکات.
دەرد لەنێوتان ناهێڵم. [٢٦]لەبارچوو و نەزۆك نابێت،
لە خاکەکەتان جوانەمەرگتان ناکەم.

[٢٧]«سامناکی خۆم لەپێشتانەوە دەنێرم و هەموو
ئەو نەتەوانەی دەچنە سەریان، سەریان لێ
دەشێوێنم و وا دەکەم هەموو دوژمنەکانتان هەڵبێن.
[٢٨]زەردەواڵەش[b] لەپێشتانەوە دەنێرم و حیڤی و
کەنعانی و حیتییەکان لەپێشتان ڕابماڵن. [٢٩]بەڵام
لە ماوەی یەك ساڵ لەپێشتان ڕایانناماڵم، نەوەك
خاکەکە وێران بێت و ئاژەڵی کێوی لەسەرتان زیاد
بکات. [٣٠]هێواش هێواش لەپێشتان ڕایاندەماڵم، هەتا
ئەوەی بەردار دەبن و دەست بەسەر خاکەکەدا
دەگرن.

[٣١]«سنوورەکەشتان دادەنێم، لە دەریای
سوورەوە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست[c] و لە
چۆڵەوانییەوە هەتا ڕووباری فورات، چونکە
دانیشتووانی خاکەکە دەدەمە دەستتان و ئێوەش
لەپێش خۆتان ڕایاندەماڵن. [٣٢]نە لەگەڵ ئەوان نە
لەگەڵ خوداوەندەکانیان پەیمان مەبەستن. [٣٣]با
لە خاکەکەتاندا نیشتەجێ نەبن، نەوەك واتان لێ
بکەن گوناه سەبارەت بە من بکەن، چونکە ئەگەر
خوداوەندی ئەوان بپەرستن ئەوا دەبێتە تەڵە بۆتان.»

## دووپاتکردنەوەی پەیمانەکە

٢٤ ئینجا بە موسای فەرموو: «سەربکەوە
بۆ لای یەزدان، خۆت و هارون و ناداب
و ئەبیهو و حەفتا لە پیرانی ئیسرائیل، لە دوورەوە
کڕنۆشی بۆ ببەن. [٢]بەڵام تەنها موسا لە یەزدان
نزیك دەبێتەوە و ئەوانی دیکە نزیك ناکەونەوە،
خەڵکەکەش لەگەڵی سەر ناکەون.»

[٣]موساش هات و هەموو وشەکانی یەزدان و
هەموو یاساکانی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە، هەموو
گەلیش بە یەك دەنگ وەڵامیان دایەوە و گوتیان:
«هەموو ئەو وشانەی یەزدان فەرموویەتی
دەیکەین.» [٤]موساش هەموو وشەکانی یەزدانی
نووسی.

بەیانی زوو هەستا و قوربانگایەکی لەبن کێوەکە
بنیاد نا لەگەڵ دوازدە ستوون بۆ دوازدە هۆزەکەی
ئیسرائیل. [٥]لاوانی نەوەی ئیسرائیلیشی نارد و قوربانی
سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان لە جوانەگاکان[d] بۆ
یەزدان پێشکەش کرد. [٦]موسا نیوەی خوێنەکەی لەناو
جامێك کرد و نیوەکەی دیکەشی بەسەر قوربانگاکەدا
پرژاند. [٧]ئینجا پەڕتووکی پەیمانەکەی هەڵگرت و بۆ
گەلی خوێندەوە، ئەوانیش گوتیان: «هەموو ئەوەی
یەزدان فەرموویەتی دەیکەین و گوێی لێ دەگرین.»
[٨]ئینجا موسا خوێنەکەی هەڵگرت و بەسەر گەلدا
پرژاندی و گوتی: «ئەمە خوێنی ئەو پەیمانەیە[e] کە
یەزدان لەگەڵتانی بەستووە بەگوێرەی ئەم وشانە.»
[٩]دواتر موسا و هارون و ناداب و ئەبیهو و حەفتا
لە پیرانی ئیسرائیل سەرکەوتن و [١٠]خودای ئیسرائیلیان

[a] ٢٤ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ١٦:٢١-٢٢.

[b] ٢٨ دەکرێت هێمایەك بێت بۆ ئەو ترس و لەرزەی خودا دەیخاتە دڵیانەوە. بڕوانە یەشوع ١٢:٢٤.

[c] ٣١ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری (دەریای فەلەستییەکان).

[d] ٥ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

[e] ٨ ئەم خوێنە نیشانەی پەیمانبەستنی یەزدان بووە لەگەڵ گەلی ئیسرائیل.

بینی، لەژێر پێیەکانی شتێکی وەك بەردڕێژکراویان بینی بە بەردی یاقووتی شین[a] و وەك ئاسمانی ساماڵ لە بێگەردی. [١١]بەڵام دەستی بۆ پیاوماقوڵانی نەوەی ئیسرائیل درێژ نەکرد. خودایان بینی، ئینجا خواردیان و خواردیانەوە.

[١٢]یەزدان بە موسای فەرموو: «سەربکەوە بۆ لام بۆ کێوەکە و لەوێ بە، دوو تەختە بەردت دەدەمێ، فێکردنەکان و فەرمانەکانی تێدایە کە بۆ فێرکردنیان نووسیومە.»

[١٣]ئینجا موسا و یەشوعی یاریدەدەری هەستان، موسا بۆ کێوی خودا سەرکەوت. [١٤]بە پیرانیشی گوت: «لێرە چاوەڕێمان بکەن هەتا دەگەڕێینەوە لاتان، ئەوەتا هارون و حووریش لەگەڵتانن، ئەگەر یەکێك داواکاری یاخود ناکۆکی هەبوو با بچێتە لایان.»

[١٥]ئیتر موسا بەسەر کێوەکە کەوت و هەور کێوەکەی داپۆشی. [١٦]شکۆمەندی یەزدانیش لەسەر شاخی سینا نیشتەوە. بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەم لەنێو هەورەوە موسای بانگکرد. [١٧]دیمەنی شکۆمەندی یەزدانیش وەك ئاگرێکی بێ ئامان بوو لەسەر کێو، لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [١٨]ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەرکەوت. موسا چل شەو و چل ڕۆژی پێچوو لە کێوەکە.

## پیتاك بۆ پێداویستییەکانی چادری پەرستن[b]

٢٥ یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با بەخشینم پێشکەش بکەن، هەر یەکێك کە لەسەر دڵی بێت ببەخشێت. [٣]ئەمانەش ئەو پێشکەشکراوانەن کە لێیان وەردەگرن: زێڕ و زیو و بڕۆنز؛ [٤]ڕیسی جوان و باریك بە ڕەنگی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ، کەتانی ناسك و مووی بزن؛ [٥]پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور و پێستی مانگای دەریا[c] و داری ئەکاسیا[d]؛ [٦]زەیتی زەیتوون بۆ چرا؛ بۆنوبەرام بۆ زەیتی دەستنیشانکردن و بۆ بخووری بۆنخۆش؛ [٧]بەردی عاشقبەند و بەردی گرانبەهای دیکە بۆ ئێفۆد[e] و بۆ بەرسینە.

[٨]«پیرۆزگایەکیشم بۆ دروستدەکەن بۆ ئەوەی لەنێویاندا نیشتەجێ بم، [٩]وەك هەموو ئەوەی پیشانت دەدەم لە نموونەی چادری پەرستن و نموونەی هەموو کەلوپەلەکانی، بەم شێوە دروستی بکەن.

## سندوقی پەیمان

[١٠]«سندوقێکیش لە داری ئەکاسیا دروستبکرێت، درێژییەکەی دوو باڵ و نیو[f] و پانییەکەی باڵ و نیوێك[g] و بەرزییەکەی باڵ و نیوێك بێت، [١١]ڕووی ناوەوە و دەرەوەی بە تەواوی بە زێڕی بێگەرد ڕووکەش بکرێت و بە چواردەوریشیدا چوارچێوەی زێڕینی بۆ دروستبکرێت. [١٢]چوار بازنەی زێڕینیشی بۆ دابڕێژرێت و لەسەر چوار پایەکەی دابنرێت، دوو بازنە لەلایەك و دوو بازنەش لەلایەکەی دیکەی. [١٣]دوو داریش لە داری ئەکاسیا دروستبکرێت و بە زێڕ ڕووکەش بکرێن. [١٤]دارەکانیش بخرێتە ناو بازنەکانی سەر هەردوو لای سندوقەکە، بۆ هەڵگرتنی سندوقەکە پێیان. [١٥]دارەکان لەناو بازنەکانی سندوقەکە دەبن، لێیان دەرناهێنرێن. [١٦]لەناو سندوقەکەش[h] ئەو دوو تەختەی پەیمان[i] دادەنێیت کە پێت دەدەم.

---

[a] ١٠ یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.

[b] چادری پەرستن: پەرستگایەکی گواستراوە بووە کە گەلی ئیسرائیل لەگەڵ خۆیان دەیانگواستەوە؛ بڕوانە ٣٦:٨-٣٨.

[c] ٥ مانگای دەریا: جۆرە گیاندارێکە کە تەنها لە قەراغی دەریادا دەژیێت بە تایبەتی لە دەریای سوور هەتا ئەندۆنیزیا. ئەم گیاندارەیان بەکارهێناوە چونکە پێستێکی ڕەقی هەیە.

[d] ٥ داری شەتیم.

[e] ٧ بەرسینەیەکی تایبەت بووە بە سەرۆکی کاهینان، بڕوانە ٢٨:٦-٣٠؛ ٣٩:٢-٢١.

[f] ١٠ دوو باڵ و نیو: نزیکەی ١,١ مەتر.

[g] ١٠ باڵ و نیوێك: نزیکەی ٧٠ سانتیمەتر.

[h] ١٦ بڕوانە نامە بۆ عیبرانییەکان ٩:٤.

[i] ١٦ مەبەست لە دوو تەختەی ڕاسپاردەکانی خودایە وەك شایەتێك لەناو ئەو سندوقە پارێزراوە. بڕوانە ١٦:٣٤ و ٤٠:٢٠.

[١٧]«قەپاغی کەفارەتیش[a] لە زێڕی بێگەرد دروستبکرێت کە دوو باڵ و نیو درێژییەکەی و باڵ و نیوێك پانییەکەی بێت. [١٨]دوو کەڕوب[b] لە زێڕی کوتراو دروستبکرێت، بە هەردوو لای قەپاغی کەفارەتەکەوە بکرێت. [١٩]کەڕوبێك لەلایەك دروستبکرێت و کەڕوبەکەی دیکەش لەلایەکەی دیکە، هەردوو کەڕوبەکان لەگەڵ قەپاغەکەی کەفارەت یەك پارچە بن. [٢٠]دەبێت کەڕوبەکانیش باڵیان بۆ سەرەوە لێك کردبێتەوە و بە باڵەکانیان سێبەریان بەسەر قەپاغی کەفارەتەکە کردبێت. کەڕوبەکان ڕووبەڕوو بن و ڕوویان لە قەپاغی کەفارەتەکە بێت. [٢١]قەپاغی کەفارەتەکە لەسەر سندوقەکە و لەلای سەرەوە دابنرێت، لەناو سندوقەکەش ئەو دوو تەختەی پەیمان دادەنێیت کە من پێت دەدەم. [٢٢]لەوێ لەگەڵت کۆدەبمەوە و لەگەڵت دەدوێم، لەسەر قەپاغی کەفارەتەکە لەنێوان دوو کەڕوبەکەی سەر سندوقی پەیمان[c]، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی فەرمانت پێدەدەم بۆ نەوەی ئیسرائیل.

## مێزەکە

[٢٣]«هەروەها مێزێك لە داری ئەکاسیا دروستبکرێت، کە درێژییەکەی دوو باڵ[d] و پانییەکەی باڵێك[e] و بەرزییەکەی باڵ و نیوێك[f] بێت. [٢٤]بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەش بکرێت و چوارچێوەیەکی زێڕینیشی لە چواردەوری بۆ دروستبکرێت. [٢٥]لێوارێکیشی بە پانی چوار پەنجە لە چواردەوری دروستبکرێت و چوارچێوەیەکی زێڕینیش بۆ لێوارەکە لە دەوری دابنرێت. [٢٦]چوار بازنەی زێڕینیشی بۆ دروستبکرێت، بازنەکان لەسەر هەر چوار گۆشەکەی چوار پایەکەی دابنرێت. [٢٧]بازنەکان لەلای لێوارەکەوە دەبن بە گیرە بۆ دوو دار بۆ هەڵگرتنی مێزەکە. [٢٨]دوو دارەکەش لە داری ئەکاسیا دروستبکرێن، بە زێڕ ڕووکەش بکرێن، بەوان مێزەکە هەڵدەگیرێت. [٢٩]لەگەن و قاپەکانی لە زێڕی بێگەرد دروستبکرێت، هەروەها دۆلکە و تاسەکانیش کە پێشکەشکراوەکانی پێ دەڕژێنرێت. [٣٠]لەسەر مێزەکەش نانی تەرخانکراو بەردەوام لەپێشم دادەنرێت.

## چرادانەکە

[٣١]«هەروەها چرادانێك لە زێڕی بێگەرد دروستبکرێت، ژێر چرادانەکە و قەدەکەی لە زێڕی کوتراو دروستبکرێت، کاسەکانی و گرێیەکانی و خونچەکانی لە خۆی دەبێت. [٣٢]شەش لقیش لە هەردوو لایەوە دەردەچێت، سێ لق چرادان لەلایەك و سێ لق چرادان لەلایەکەی دیکە. [٣٣]سێ کاسەی بادەمی لە لقێك بە گرێ و خونچەوە و سێ کاسەی بادەمی لە لقێکی دیکە بە گرێ و خونچەوە، ئاوا هەتا لقی شەشەم کە لە چرادانەکەوە دەردەچن. [٣٤]هەروەها لە چرادانەکە چوار کاسەی بادەمی بە گرێ و خونچەکانیانەوە هەیە. [٣٥]هەر جووتێك لق لە شەش لقەکە گرێیەکیان لەژێر بوو، هەتا شەشەم لق کە لە چرادانەکە دەردەچن. [٣٦]گرێ و لقەکان لە خۆی دەبن، هەمووشیان لە زێڕی بێگەردی کوتراو دەبێت.

[٣٧]«حەوت چراشی بۆ دروستبکرێت و چراکانی بەرز دەکەیتەوە هەتا پێشی ڕووناك بکاتەوە. [٣٨]مەقاش و مەقەڵییەکانیشی لە زێڕی بێگەرد دەبن. [٣٩]چرادانەکە و هەموو کەلوپەلەکانی لە تالنتێك[g] زێڕی بێگەرد دروستبکرێت. [٤٠]بڕوانە ئەو شتانە لەسەر ئەو نموونەیە دروستبکەی کە لەسەر کێوەکە پیشانت دراوە.

---

[a] ١٧ قەپاغێکە بۆ داپۆشینی سندوقی پەیمان، لە ڕۆژی کەفارەت خوێنی قوربانی لەسەر ڕژاوە بۆ لێخۆشبوونی گوناه.

[b] ١٨ دوو کەڕوب: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، بۆ پارێزگاریکردنی سندوقی پەیمان دانرابوون، بڕوانە عیبرانییەکان ٩:٥.

[c] ٢٢ عیبری: سندوقی شایەتی.

[d] ٢٣ دوو باڵ: نزیکەی ٩٠ سانتیمەتر.

[e] ٢٣ باڵێك: نزیکەی نیو مەتر.

[f] ٢٣ باڵ و نیوێك: نزیکەی ٧٠ سانتیمەتر.

[g] ٣٩ تالنتێك: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام.

## چادری پەرستن

٢٦ «چادری پەرستنیش لە پڵاسی[a] کەتانی ڕستراو دروستبکە، هەروەها بە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و بە دەستکردی جۆڵایەکی شارەزا وێنەی کەڕوبەکانی لەسەر بکە. [٢]درێژایی هەر پڵاسێك بیست و هەشت باڵ[b] و پانییەکەی چوار باڵ[c] بێت، یەك ئەندازەش بۆ هەموو پڵاسەکان. [٣]پێنج پڵاس پێکەوە ببەستە و پێنجەکەی دیکەش پێکەوە. [٤]ئەڵقە لە ڕیسی مۆر لەسەر لێواری پڵاسە لاوەکییەکانی پارچەی یەکەم دروستبکە، هەمان شت بۆ لێواری پڵاسە لاوەکییەکانی پارچەی دووەم بکە. [٥]پەنجا ئەڵقە بۆ پڵاسی یەکەم دروستدەکەیت و پەنجا ئەڵقەی دیکەش بۆ لای ئەو پڵاسەی کە لە پارچەکەی دووەمە، ئەڵقەکانیش بەرامبەر یەکتری بن. [٦]پەنجا فاقی زێڕیش دروستبکە. بە فاقەکان پڵاسەکان هەریەکە و لەوەی تەنیشتی ببەستەوە. ئیتر چادری پەرستن دەبێتە یەك پارچە.

[٧]«ڕەشماڵێك لە یازدە پڵاس لە مووی بزن دروستبکە و سەری چادری پەرستنی پێ بگرە، [٨]درێژایی هەر پڵاسێك سی باڵ[d] و پانی چوار باڵ[e] بێت، یەك ئەندازەش بۆ هەر یازدە پڵاسەکە. [٩]پێنج لە پڵاسەکان پێکەوە ببەستەوە و شەشەکەی دیکەش پێکەوە، پڵاسی شەشەمیش بەڕووی چادرەکەدا بنووشتێنەوە. [١٠]پەنجا ئەڵقە لەسەر لێواری پڵاسی کۆتایی پارچەی یەکەم دروستبکە، پەنجا ئەڵقەش لەسەر لێواری پڵاسی کۆتایی پارچەی دووەم. [١١]پەنجا فاقی بڕۆنزیش دروستبکە و فاقەکان بخە ناو ئەڵقەکان، چادرەکە پێکەوە ببەستەوە و دەبێتە یەك پارچە. [١٢]ئەوەش کە شۆڕدەبێتەوە و لە پڵاسەکانی چادرەکە دەمێنێتەوە، نیوەی ئەو پڵاسەی دەمێنێتەوە بەسەر کۆتایی چادرەکەی پەرستندا شۆڕی بکەوە. [١٣]باڵێك[f] لەم لا، باڵێك لەو لا لەوەی دەمێنێتەوە لە درێژایی پڵاسی چادرەکە شۆڕ بکرێنەوە بەسەر دوو لای چادرەکەی پەرستندا، لەم لاو لەو لاوە بۆ داپۆشینی. [١٤]پۆشەرێکیش لە پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور بۆ چادرەکە دروستبکە، پۆشەرێکیش لە پێستی مانگای دەریا لە سەرەوە.

[١٥]«چوارچێوەش لە داری ئەکاسیا بە ستوونی بۆ چادرەکەی پەرستن دروستبکە. [١٦]درێژایی هەر چوارچێوەیەك دە باڵ[g] و پانی باڵ و نیوێك[h] بێت. [١٧]دوو زمانەش بۆ هەر چوارچێوەیەك دروستبکە بۆ جووتکردنی لەگەڵ چوارچێوەکەی تەنیشتی، بۆ هەریەك لە چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستن ئاوا بکە. [١٨]چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستنیش، بیستیان لەلای باشوور دروستبکە، [١٩]چل بنکەی زیویش لەژێر بیست چوارچێوەکە دروستبکە، دوو بنکە لەژێر هەر چوارچێوەیەك بۆ دوو پێچکەکەی. [٢٠]بیست چوارچێوەی بۆ لای باکووری چادرەکەی پەرستن دروستبکە. [٢١]چل بنکەی زیویشی هەبێت، دوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەك و دوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەکی دیکە. [٢٢]بۆ پشتی چادرەکەی پەرستنیش بەرەو ڕۆژئاوا شەش چوارچێوە، [٢٣]دوو چوارچێوەش بۆ گۆشەکانی دواوەی چادرەکەی پەرستن دروستبکە. [٢٤]دەبێت لە خوارەوە جووت بن و هەتا سەرەوە یەك بن، هەتا بازنەکەی سەرەوە، بۆ هەردوو گۆشەکە ئاوا بن. [٢٥]ئینجا دەبێتە هەشت چوارچێوە و بنکە زیوەکانیشیان شازدە دەبێت، هەردوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەك و دوو بنکەی دیکەش لەژێر چوارچێوەیەکی دیکە.

[٢٦]«هەروەها پێنج کاریتە لە داری ئەکاسیا بۆ چوارچێوەکانی لایەکی چادرەکەی پەرستن دروستبکە، [٢٧]پێنج کاریتەش بۆ چوارچێوەکانی لایەکەی دیکەی چادرەکەی پەرستن، پێنج کاریتەش

---

[a] ١ ئەو پارچە ڕستراوانەی کە ڕەشماڵ یان چادری پێ دروستدەکرێ.

[b] ٢ بیست و هەشت باڵ: نزیکەی ١٢,٥ مەتر.

[c] ٢ چوار باڵ: نزیکەی ١,٨ مەتر.

[d] ٨ سی باڵ: نزیکەی ١٣,٥ مەتر.

[e] ٨ چوار باڵ: نزیکەی ١,٨ مەتر.

[f] ١٣ باڵێك: نزیکەی نیو مەتر.

[g] ١٦ دە باڵ: نزیکەی ٤,٥ مەتر.

[h] ١٦ باڵ و نیوێك: نزیکەی ٧٠ سانتیمەتر.

بۆ چوارچێوەکانی لای دواوەی چادرەکەی پەرستن لەلای ڕۆژئاوا. ٢٨کاریتەکەی ناوەڕاستیش بەنێو چوارچێوەکاندا تێبپەڕێت لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. ٢٩چوارچێوەکانیش بە زێڕ ڕووکەش بکە و بازنەکانیشی کە کاریتەکانی دەچنە ناو لە زێڕ دروستبکە، کاریتەکانیش بە زێڕ ڕووکەش بکە.

٣٠«چادرەکەی پەرستنیش لەسەر ئەو نەخشەیە هەڵبدە کە لە کێوەکە پیشانت دراوە.

٣١«پەردەیەکیش لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستبکە، بە دەستکردی جۆڵایەکی شارەزاش وێنەی کەڕوبەکانی لەسەر دروستبکە. ٣٢بیخە سەر چوار کۆڵەکەی[a] لە داری ئەکاسیا دروستکراو و بە زێڕ ڕووکەشکراو، قولاپەکانیشیان لە زێڕ بێت، لەسەر چوار بنکەی زیو بن. ٣٣چەند فاقێکیش بەلای سەرەوەی پەردەکەوە بکە و سندوقی پەیمانیش بهێنە ئەوێ بۆ دیوی ژوورەوەی پەردەکە. پەردەکە شوێنی پیرۆز و شوێنی هەرەپیرۆز[b] لە یەکتری جیا دەکاتەوە بۆتان. ٣٤قەپاغی کەفارەتیش لەسەر سندوقی پەیمان لە شوێنی هەرەپیرۆز دابنێ. ٣٥مێزەکەش لە دەرەوەی پەردەکە دابنێ و چرادانەکەش بەرامبەر مێزەکە لەلایەکی چادرەکەی پەرستن لەلای باشوور دابنێ و مێزەکەش لەلای باکوور.

٣٦«پەردەی دەروازەش بۆ دەرگای چادرەکە لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستبکە، چنراو بە دەستکردی جۆڵایەک. ٣٧بۆ پەردەی دەروازەکەش پێنج ستوونی لە داری ئەکاسیا و بە زێڕ ڕووکەشکراو دروستبکە، قولاپەکانیشیان لە زێڕ بن و پێنج بنکەی بڕۆنزیشیان بۆ دابڕێژە.

## قوربانگای قوربانی سووتاندن

٢٧ «قوربانگاش لە داری ئەکاسیا دروستبکە، درێژییەکەی پێنج باڵ[c] و پانییەکەی پێنج باڵ بێت، قوربانگاکە چوارگۆشە بێت، بەرزاییەکەشی سێ باڵ[d] بێت. ٢قۆچەکانیشی لەسەر هەر چوار گۆشەکەی بێت، قۆچەکان لە خۆی بێت و بە بڕۆنز ڕووکەشی بکە. ٣تەشتەکانی کە بۆ هەڵگرتنی خۆڵەمێشەکەی و هەروەها خاکەناز، تاس[e]، چەنگاڵ، مەقەڵی و هەموو قاپوقاچاغەکەی لە بڕۆنز دروستبکە. ٤کەتیبەیەکی وەك تۆڕیشی بۆ دروستبکە لە بڕۆنز، لەسەر تۆڕەکەش چوار ئەڵقەی بڕۆنز لەسەر هەر چوار لایەکەی دروستبکە. ٥بیخە ژێر لێواری قوربانگاکە و تۆڕەکەش هەتا ناوەڕاستی قوربانگاکە بێت. ٦دوو داریش بۆ قوربانگاکە لە داری ئەکاسیا دروستبکە و بە بڕۆنز ڕووکەشیان بکە. ٧دوو دارەکەش بخەرە ناو ئەڵقەکانەوە، ئیتر دارەکان بە هەردوو لای قوربانگاکەوە دەبن لە کاتی هەڵگرتنی. ٨قوربانگاکەش لە تەختە دروستبکە و ناوەکەی بۆش بێت. هەروەك لە کێوەکە پیشانت درا ئاوای دروستبکە.

## حەوشەی چادرەکەی پەرستن

٩«حەوشەی چادرەکەی پەرستنیش لەلای باشوور دروستبکە، بۆ حەوشەکە چەند پەردەیەك دەبێت لە کەتانی ڕستراو بە درێژی سەد باڵ[f] بۆ یەك لا، ١٠کۆڵەکەکانیشی بیست دانە و بیست بنکەی بڕۆنزیشی هەبێت. قولاپی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە زیو بن. ١١ئاواش بۆ لای باکوور لە درێژیدا پەردەکان سەد باڵ درێژ بن، کۆڵەکەکانیشی

---

[a] ٣٢ یان کۆڵەگەی.

[b] ٣٣ چادری چاوپێکەوتن پێکهاتبوو لە دوو بەش، شوێنی پیرۆز و هەرەپیرۆز. کە شوێنی هەرەپیرۆز تەنها کاهینی باڵا بۆی هەبوو ساڵانە تەنها جارێك بچێتە ناوی بۆ کەفارەتکردن. بڕوانە لێڤییەکان ١٦:١٧.

[c] ١ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[d] ١ سێ باڵ: نزیکەی ١,٤ مەتر.

[e] ٣ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە ٢٠:٢٩ و زەکەریا ٩:١٥؛ ١٤:٢٠ و عیبرانییەکان ٩:١٣.

[f] ٩ سەد باڵ: نزیکەی ٤٦ مەتر.

بیست دانە بن و بیست بنکەی بڕۆنزیشی بێت. قولاپی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە زیو بن.

[١٢]«لە پانی حەوشەکەش بەرەو ڕۆژئاوا چەند پەردەیەك بە درێژایی پەنجا باڵ[a] و کۆڵەکەکانی دە دانە و بنکەکانیشی دە. [١٣]لە پانی حەوشەکەش لەلای ڕۆژهەڵات و ڕووەو خۆر هەڵاتن پەنجا باڵ. [١٤]چەند پەردەیەکیش بۆ لایەکی بە درێژی پازدە باڵ[b]، کۆڵەکەکانی سێ و بنکەکانیشی سێ بن. [١٥]بۆ لایەکەی دیکەش چەند پەردەیەك بە درێژایی پازدە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بنکەکانیشی سێ بن.

[١٦]«بۆ دەروازەی حەوشەکەش پەردەیەك کە بیست باڵ[c] درێژ و لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو، چنراو بە دەستکردی جۆڵایەك و کۆڵەکەکانی چوار و بنکەکانیشی چوار بن. [١٧]هەموو کۆڵەکەکانی حەوشەکەش ئەڵقەی زیویان هەبێت بە دەوریان و قولاپەکانی لە زیو و بنکەکانی لە بڕۆنز بن. [١٨]درێژایی حەوشەکە سەد باڵ بێت و پانییەکەی پەنجا بە پەنجایە و بەرزاییەکەشی پێنج باڵ[d] و لە کەتانی ڕستراو و بنکەکانیشی لە بڕۆنز بن. [١٩]هەموو ئەو قاپوقاچاغانەی دیکە کە لە خزمەتی چادرەکەی پەرستن بەکاردەهێنرێن، بە هەر شێوەیەك بەکاردێت، لەگەڵ هەموو سنگەکانی چادرەکەی پەرستن و حەوشەکە، دەبێت لە بڕۆنز دروستکرابن.

## زەیت بۆ چرادانەکە

[٢٠]«تۆش فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە با زەیتی زەیتوونی سادە و گوشراوت بۆ ڕووناکی بۆ بهێنن، هەتا چرا بەردەوام داگیرساو بێت. [٢١]لەناو چادری چاوپێکەوتن[e] لە دەرەوەی پەردەکە ئەوەی لەبەردەم سندوقی پەیمانە[f]، هارون و کوڕەکانی لە ئێوارەوە هەتا بەیانی لەبەردەم یەزدان ڕێکی بخەن، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ نەوەکانیان لەنێو نەوەی ئیسرائیل.

## جلوبەرگی کاهینیێتی

٢٨ «تۆش لەنێو نەوەی ئیسرائیل هارونی برات لە خۆت نزیك بکەوە، لەگەڵ ناداب و ئەبیهو و ئەلعازار و ئیتامار، کوڕانی هارون، بۆ ئەوەی کاهینییێتیم بۆ بکەن. [٢]جلوبەرگی پیرۆزیش بۆ هارونی برات دروستبکە بۆ شکۆمەندی و ڕێزگرتن. [٣]تۆش لەگەڵ بەهرەمەندەکان قسە بکە، ئەوانەی پڕمکردوون لە ڕۆحی دانایی، بۆ ئەوەی جلوبەرگەکەی هارون دروستبکەن بۆ تەرخانکردنی هەتا کاهینییێتیم بۆ بکات. [٤]ئەمانەش ئەو جلوبەرگەن کە دروستی دەکەن، بەرسینە و ئێفۆد و کەوا و کراسی دامێن درێژی چنراو و مێزەر و کەمەربەند. ئینجا جلوبەرگی پیرۆز بۆ هارونی برات و کوڕەکانی دروستبکەن، هەتا کاهینییێتیم بۆ بکەن. [٥]ئەوانیش زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ناسك وەردەگرن.

## ئێفۆدەکە

[٦]«ئێفۆدەکەش لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو بە جۆڵایەکی شارەزا دروستبکەن. [٧]دوو شانیشی هەبێت بە هەردوو لایەوە پێوەی بەسترابن. [٨]پشتبەستی ئێفۆدەکە کە لەسەریەتی، دەبێت لە هەمان پارچە و هەمان دەستکرد بێت، لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو بێت.

[٩]«دوو بەردی عاشقبەندیش بهێنە و ناوی کوڕەکانی ئیسرائیلیان لەسەر هەڵبکەنە. [١٠]ناوی شەشیان لەسەر بەردێك و ناوی شەشەکەی ماوەتەوە لەسەر بەردی دووەم هەڵبکەنە بەگوێرەی لەدایکبوونیان. [١١]ناوی کوڕەکانی ئیسرائیل لەسەر هەردوو بەردەکە هەڵبکەنە، وەك چۆن نەقاڕێك

[a] ١٢ پەنجا باڵ: نزیکەی ٢٣ مەتر.

[b] ١٤ پازدە باڵ: نزیکەی ٦,٩ مەتر.

[c] ١٦ بیست باڵ: نزیکەی ٩ مەتر.

[d] ١٨ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[e] ٢١ لێرە مەبەستی لە چادرەکەی پەرستنە کە لە بەشی ٢٦ باسکراوە.

[f] ٢١ عیبری: شایەتییەکە.

مۆر هەڵدەکەنێت. ئینجا بە چوارچێوەی زێڕینی دەوردراو بیانچەسپێنە. [١٢]دوو بەردەکەش بخەرە سەر دوو شانی ئێفۆدەکە، دوو بەردی یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل. هارون لەبەردەم یەزدان وەك یادەوەری ناوەکانیان لەسەر هەردوو شانی هەڵدەگرێت. [١٣]چوارچێوەی زێڕینیش دروستبکە و [١٤]دوو زنجیری هۆنراوە لە زێڕی بێگەرد، وەك گوریس، لەسەر چوارچێوەکان دابنێ.

## بەرسینەکە

[١٥]«هەروەها بەرسینەی دادوەری دروستبکە، وەك ئێفۆدەکە بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزا، لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو. [١٦]بەرسینەکەش چوارگۆشە و دووبەر بێت، درێژییەکەی بستێك[a] و پانییەکەی بستێك. [١٧]بە چوار ڕیز بەرد بیڕازێنەوە، لە ڕیزی یەکەم یاقووت[b] لەگەڵ یاقووتی زەرد و زمروودی سەوز؛ [١٨]ڕیزی دووەم بەردە پیرۆزە[c] و یاقووتی شین و زمروود؛ [١٩]ڕیزی سێیەم یاقووتی زەعفەرانی و کریستاڵی هەورین و جەمشت؛ [٢٠]ڕیزی چوارەمیش زەبەرجەد و بەردی عاشقبەند و یەشب. لە ڕازانەوەیاندا بە زێڕ دەور بدرێن. [٢١]بەردەکانیش دوازدە بن وەك ناوی کوڕەکانی ئیسرائیل بەپێی ناوەکانیان، وەك نەخشی ئەنگوستیلە هەریەکە بەپێی ناوەکەی بۆی دەبێت بۆ دوازدە هۆز.

[٢٢]«بۆ بەرسینەکەش زنجیرەی هۆنراوە لە زێڕی بێگەرد دروستبکە، وەك گوریس. [٢٣]لەسەر بەرسینەکەش دوو ئەڵقەی زێڕین دروستبکە، دوو ئەڵقەکە لەسەر هەردوو لای بەرسینەکە دابنێ. [٢٤]دوو زنجیرە زێڕینەکەش بخە ناو دوو ئەڵقەکەی سەر هەردوو لای بەرسینەکە. [٢٥]هەردوو سەرەکەی دیکەی دوو زنجیرەکەش بخە ناو دوو چوارچێوەکە و لەسەر شانەکانی ئێفۆدەکەی دابنێ بۆ پێشەوەی.

[a] ١٦ نزیکەی ٢٢ سەنتیمەتر.

[b] ١٧ یاقووت: گەوهەری سووری تۆخ.

[c] ١٨ بەردە پیرۆزە: بەردێکی شینی سەوزباو.

[٢٦]دوو ئەڵقەی زێڕینیش دروستبکە و لەسەر هەردوو لای بەرسینەکە دایانبنێ، لەسەر لێوارەکەی کە بە دیوی ئێفۆدەکەیە بۆ ژوورەوە. [٢٧]هەروەها دوو ئەڵقەی زێڕین دروستبکە و لەسەر هەردوو شانی ئێفۆدەکە دایانبنێ، لە خوارەوە بە دیوی ڕووەکەی، لە نزیك بەیەکبەستنەوەکەی لە سەرووی پشتبەستی ئێفۆدەکە. [٢٨]بەرسینەکەش بە دوو ئەڵقەکەیەوە لە دوو ئەڵقەی ئێفۆدەکە بە داوێك دەبەسترێت لە ڕیسی مۆر، بۆ ئەوەی لەسەر پشتبەستی ئێفۆدەکە بێت، تاوەکو بەرسینەکەش لە ئێفۆدەکە ناکرێتەوە.

[٢٩]«ئیتر هارون ناوی نەوەکانی ئیسرائیل لە بەرسینەکەی دادوەری لەسەر دڵی خۆی هەڵدەگرێت کاتێك دێتە ژوورەوە بۆ شوێنە پیرۆزەکە وەك یادکردنەوە بە بەردەوامی لەبەردەم یەزدان. [٣٠]هەروەها لەسەر بەرسینەکەی دادوەری ئوریم و تومیم[d] دابنێ و لەسەر دڵی هارون دەبن کاتێك دێتە ژوورەوە بۆ بەردەم یەزدان، هارونی دادوەری نەوەی ئیسرائیل بە بەردەوامی لەبەردەم یەزدان لەسەر دڵی هەڵیدەگرێت.

## جلوبەرگی دیکەی کاهینییەتی

[٣١]«کەوای ئێفۆدەکەش هەمووی لە ڕیسی مۆر دروستبکە. [٣٢]کونی سەریشی لەناوەڕاستی دەبێت و لێواریش دەبێت بۆ کونەکەی بەدەوریدا بە دەستکردی جۆلا، وەك کونی سپەر یەخەی هەبێت بۆ ئەوەی نەدڕێت. [٣٣]لەسەر دامێنی کەواکە گوڵینگی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ دروستبکە، لەگەڵ زەنگوڵەی زێڕین لەنێوانیان. [٣٤]لەنێو هەردوو گوڵینگێك زەنگوڵەیەکی زێڕ لەسەر دامێنی کەواکە بە دەوریدا بێت. [٣٥]دەبێت هارون بۆ خزمەتکردن لەبەری بکات بۆ ئەوەی کاتێك دەچێتە ژوورەوەی شوێنە پیرۆزەکە بۆ لای یەزدان و کاتێك دێتە دەرەوە دەنگی زەنگوڵەکان ببیسترێت، نەوەك بمرێت.

[٣٦]«پلێتێکیش لە زێڕی بێگەرد دروستبکە و وەك

[d] ٣٠ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە یەکەم ساموئێل ٩:٢٣-١٢.

نەخشی ئەنگوستیلە لەسەری هەڵبکەنە ”پیرۆزی بۆ یەزدان“[a]. ٣٧بیخە سەر داوێکی مۆر بۆ ئەوەی لەسەر مێزەرەکە بێت، لەلای پێشەوەی مێزەرەکە بێت. ٣٨لەسەر ناوچەوانی هارون بێت، بەم شێوەیە هارون ئۆباڵی هەر گوناهێکی نەوەی ئیسرائیل هەڵدەگرێت کە پەیوەندی هەبێت بەو قوربانییانەی بۆ یەزدانیان تەرخان کردووە، بەردەوامیش لەسەر ناوچەوانی دەبێت بۆ ئەوەی قوربانییەکان لەبەردەم یەزدان پەسەند بن.

٣٩«کراسە دامێن درێژە چنراوەکەش لە کەتانی ناسك بێت و مێزەرەکەش لە کەتانی ناسك دروستبکە. کەمەربەندەکەش بە دەستکردی جۆلایەك بچنە. ٤٠بۆ کوڕانی هارونیش کراسی دامێن درێژ دروستبکە، هەروەها کەمەربەند و سەرپێچیان بۆ دروستبکە، بۆ شکۆمەندی و ڕێزگرتن. ٤١دوای ئەوەی ئەو جلوبەرگانەت لەبەر هارونی برات و کوڕەکانی کرد، دەستنیشانیان بکە و ئەرکیان پێ بسپێرە و تەرخانیان بکە بۆ ئەوەی خزمەتی کاهینێتیم بۆ بکەن.

٤٢«هەروەها دەرپێی کەتانیان بۆ دروستبکە بۆ پۆشینی ڕووتییان، لە ناوقەدەوە هەتا هەردوو ڕان بێت. ٤٣هارون و کوڕەکانی لەبەری بکەن لە هاتنە ژوورەوەیان بۆ چادری چاوپێکەوتن، یان لە نزیکبوونەوەیان لە قوربانگا بۆ خزمەتکردن لە شوێنی پیرۆز، نەوەك تاوان هەڵبگرن و بمرن، فەرزێکی هەتاهەتاییە بۆ ئەو و بۆ نەوەکەی دوای خۆی.

## تەرخانکردن بۆ کاهینێتی

٢٩ «بۆ تەرخانکردنیان هەتا کاهینێتیم بۆ بکەن ئەمەیان بۆ بکە: یەك جوانەگا و دوو بەرانی ساغ ببە. ٢هەروەها لە ئاردی گەنمی باش نانی بێ هەویرترش و کولێرەی بە زەیت شێلراو و ناسکە نانی بە زەیت چەورکراو دروستبکە. ٣بیانخە ناو سەبەتەیەك و بە سەبەتەکەوە لەگەڵ جوانەگاکە و دوو بەرانەکە پێشکەشیان بکە. ٤هارون و کوڕەکانیشی بهێنە پێش دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بە ئاو بیانشۆ. ٥ئینجا جلەکان ببە و لەبەر هارونی بکە، کراسە دامێن درێژەکە، کەوای ئێفۆدەکە، ئێفۆد و بەرسینەکە، ئینجا بە پشتبەستی ئێفۆدەکە بۆی ببەستەوە. ٦پاشان مێزەرەکە بخە سەری و تاجەگوڵینەی پیرۆزیش بخە سەر مێزەرەکە. ٧زەیتی دەستنیشانکردن بهێنە و بەسەریدا بکە، بەوە دەستنیشانی بکە. ٨کوڕەکانیشی بهێنە پێشەوە و کراسی دامێن درێژیان لەبەر بکە و ٩کەمەربەندیان لە ناوقەد ببەستە. سەرپێچەکان بۆ هارون و کوڕەکانی توند بکە. کاهینێتی دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆیان و ئەرك بە هارون و کوڕەکانی دەسپێریت.

١٠«جوانەگاکە بهێنە پێش چادری چاوپێکەوتن و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری جوانەگاکە دابنێن. ١١تۆش لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن جوانەگاکە لەبەردەم یەزدان سەرببڕە. ١٢لە خوێنی جوانەگاکە هەڵبگرە و بە پەنجەت لەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەی بدە، هەموو خوێنەکەی دیکەش بڕژێنە بنکەی قوربانگاکە. ١٣هەموو ئەو پیوەش کە هەناوی داپۆشیوە لەگەڵ ئەوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە و هەردوو گورچیلەکە بهێنە و لەسەر قوربانگاکە بیانسووتێنە، ١٤بەڵام کەلەشی جوانەگاکە و پێستەکەی و ڕیخەکەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر بسووتێنە، ئەوە قوربانی گوناهە[b].

١٥«یەکێکیش لە بەرانەکان بهێنە و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری بەرانەکە دابنێن. ١٦بەرانەکە سەرببڕە و خوێنەکەی هەڵبگرە و بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا بیپرژێنە. ١٧بەرانەکەش پارچەپارچە بکە و هەناو و قاچەکانی بشۆ و بیخە سەر پارچەکانی و سەرەکەی. ١٨هەموو بەرانەکە لەسەر قوربانگاکە بسووتێنە، ئەمە قوربانی

[a] ٣٦ بۆ یەزدان تەرخان کراوە.

[b] ١٤ قوربانی گوناه: پێشکەشکردنی قوربانی لە پێناو گوناه یاخود تاوان، کاریگەری هەیە لەسەر دووبارە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ ناو ژیانی خواپەرستی.

سووتاندنە بۆ یەزدان، بۆنی خۆشییە، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان.

[١٩] «بەرانەکەی دیکە بهێنە و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری بەرانەکە دابنێن. [٢٠] بەرانەکە سەرببڕە و لە خوێنەکەی ببە و لە شلکەی گوێی[a] ڕاستی هارون و کوڕەکانی بدە، هەروەها لە پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستیان بدە، پاشان خوێن بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا بپرژێنە. [٢١] ئینجا لە خوێنی سەر قوربانگاکە و لە زەیتی دەستنیشانکردنەکە هەڵبگرە و بیپرژێنە بەسەر هارون و جلەکانی و بەسەر کوڕەکانی و جلی کوڕەکانی. ئینجا خۆی و جلەکانی و کوڕەکانی و جلی کوڕەکانی پیرۆز دەبن.

[٢٢] «لە بەرانەکە ئەمانە ببە، پیو و دوگ[b] و پیوەکەی هەناوی و سەر جگەر و گورچیلەکان و هەردوو گورچیلە و ڕانی ڕاستی، چونکە ئەمە بەرانی ئەرك پێ سپاردنەکەیە. [٢٣] هەروەها لە سەبەتەی فەتیرەکە، ئەوەی لەبەردەم یەزدانە، نانێك و کولێرەیەك لەوەی بە زەیتە و ناسکە نانێك[c] ببە. [٢٤] هەمووی بخە سەر دەستی هارون و کوڕەکانی و لەبەردەم یەزدان وەك قوربانی بەرزکردنەوە[d] بەرزی بکەنەوە. [٢٥] دواتر لە دەستیان وەریبگرەوە و لەگەڵ قوربانی سووتاندنەکە لەسەر قوربانگاکە بیسووتێنە، بۆنی خۆشییە لەبەردەم یەزدان، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان. [٢٦] لەدوای ئەوەی سنگی بەرانەکەی دیکە بۆ ئەرك پێ سپاردنی کاهینێتی هارون ببە، وەك قوربانی بەرزکردنەوە لەبەردەم یەزدان بەرزی بکەوە، ئەمەش دەبێتە بەش بۆ تۆ.

[٢٧] «بەشەکانی بەرانی ئەرك پێ سپاردنەکە کە هی هارون و کوڕەکانییەتی، سنگە بەرزکراوەکە و ڕانە پێشکەشکراوەکە، تەرخان بکە. [٢٨] ئەمەش دەبێتە بەشێکی چەسپاو بۆ هارون و کوڕەکانی لەلایەن نەوەی ئیسرائیلەوە، چونکە پێویستە نەوەی ئیسرائیل ئەم بەشە پیتاکە لە قوربانی هاوبەشییانەوە بدەنە یەزدان.

[٢٩] «جلوبەرگە پیرۆزەکانی هارونیش لەدوای مردنی خۆی بۆ نەوەکانی دەبێت، تاکو بەو جلانەوە دەستنیشان بکرێن و ئەرکیان پێ بسپێردرێت. [٣٠] کوڕەکەی، ئەوەی وەك کاهین جێی دەگرێتەوە حەوت ڕۆژ لەبەری دەکات، کاتێك دێتە ناو چادری چاوپێکەوتن بۆ ئەوەی لە شوێنی پیرۆز خزمەت بکات.

[٣١] «بەرانی ئەرك پێ سپاردنەکەش ببە و گۆشتەکەی لە شوێنێکی پیرۆز لێبنێ. [٣٢] هارون و کوڕەکانی گۆشتی بەرانەکە و نانی ناو سەبەتەکە لەلای دەروازەکەی چادری چاوپێکەوتن بخۆن. [٣٣] ئەوانە ئەم قوربانییانە دەخۆن کە بۆ کەفارەتیان کراون بۆ ئەرك پێ سپاردنیان و بۆ تەرخانکردنیان، بەڵام هیچ کەسێکی دیکە لێیان ناخوات، چونکە پیرۆزن. [٣٤] ئەگەر لە گۆشتی بەرانی ئەرك پێ سپاردنەکەش یان لە نانەکە هەتا بەیانی مایەوە، ئەوا ئەوەی ماوەتەوە بە ئاگر بیسووتێنە و ناخورێت، چونکە پیرۆزە.

[٣٥] «ئاوا بۆ هارون و کوڕەکانی بکە، وەکو هەموو ئەوەی فەرمانم پێکردیت، حەوت ڕۆژ ئەرکیان پێ بسپێرە. [٣٦] هەموو ڕۆژێك جوانەگایەك پێشکەش بکە وەك قوربانی گوناه بۆ کەفارەت، هەروەها قوربانگاکەش پاك بکەرەوە بەوەی کەفارەتی بۆ دەکەیت، هەروەها بە زەیت تەرخانی بکە. [٣٧] حەوت ڕۆژ لەسەر قوربانگاکە کەفارەتی بۆ بکە و تەرخانی بکە، جا قوربانگاکە دەبێتە هەرەپیرۆز، هەموو ئەوەی بەر قوربانگاکە بکەوێت پیرۆز دەبێت.

[٣٨] «ئەمەش ئەوەیە کە لەسەر قوربانگاکە پێشکەشی دەکەیت، هەموو ڕۆژێك بە بەردەوامی دوو بەرخی نێری یەك ساڵە. [٣٩] یەکێك لە بەرخەکان لە بەیانی پێشکەش بکە و بەرخی دووەمیش لە کاتی

---

[a] ٢٠ نەرمەی گوێ.

[b] ٢٢ دوگ یان دونگ.

[c] ٢٣ ناسکە نانێك: ناوەشکێنە.

[d] ٢٤ لەم قوربانییەدا هارون و کوڕەکانی چەند جارێك قوربانییەکە بەرز دەکەنەوە کە هێمایەکە بۆ تەرخانکردن بۆ خودا.

خۆرئاوابوون. [٤٠]لەگەڵ دەیەکی ئێفەیەک[a] لە باشترین ئارد بە چارەکە هەینێک[b] زەیتی زەیتوونی گوشراو شێلرابێت و لە شەرابی پێشکەشکراویش چارەکە هەینێک شەراب، ئەمە بۆ بەرخی یەکەم. [٤١]هەروەها بەرخی دووەمیش لە کاتی خۆرئاوابوون پێشکەشی بکە، لەگەڵ پێشکەشەشەکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی، وەک ئەوەی لە بەیانی کردووتە، بۆنی خۆشییە، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان.

[٤٢]«قوربانی سووتاندنی بەردەوامە بۆ نەوەکانتان لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن لەبەردەم یەزدان، کە لەوێ لەگەڵتان ژووان دەبەستم بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵت بدوێم. [٤٣]لەوێ ژووان لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دەبەستم، جا بە شکۆمەندیم پیرۆز دەبێت.

[٤٤]«هەروەها چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکە تەرخان دەکەم، هارون و کوڕەکانیشی تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی کاهینییێتیم بۆ بکەن. [٤٥]لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا نیشتەجێ دەبم و بۆیان دەبمە خودا. [٤٦]جا دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگاری خۆیانم، کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان هەتا لەنێویان نیشتەجێ بم. من یەزدانی پەروەردگاری خۆیانم.

## قوربانگای بخوور سووتاندن

٣٠ «قوربانگای بخوور سووتاندنیش لە داری ئەکاسیا دروستبکە. [٢]درێژییەکەی باڵێک[c] و پانییەکەی باڵێک، چوار گۆشە بێت، بەرزاییەکەشی دوو باڵ[d]، قۆچەکانیش لە خۆی بێت. [٣]بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی بکە، سەرەوەی و دیوارەکانی بە چواردەوریدا لەگەڵ قۆچەکانی، هەروەها چوارچێوەیەکی زێڕینیشی بە چواردەوردا بۆ دروستبکە. [٤]دوو ئەڵقەی زێڕینیشی بۆ دروستبکە، لەژێر چوارچێوەکەیەوە، لەسەر هەردوو لایەکەی دروستی بکە، بۆ ئەوەی بینە گیرە بۆ دوو دار بۆ ئەوەی پێیان هەڵبگیرێت. [٥]دوو دارەکەش لە داری ئەکاسیا دروستبکە و بە زێڕ ڕووکەشیان بکە. [٦]قوربانگاکە لەپێش ئەو پەردەیە دادەنێیت کە لەبەردەم سندوقی پەیمانە، لەبەردەم قەپاغی کەفارەت کە لەسەر ئەو دوو تەختەی پەیمان، ئەوەی لەوێ چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکەم.

[٧]«هارون هەموو بەیانییەک بخووری بۆنخۆشی لەسەر بسووتێنێت، کاتێک چراکان ئامادە دەکات بیسووتێنێت. [٨]هەروەها کاتێک هارون ئێواران چراکان سەردەخات بیسووتێنێت، بخوورێکی بەردەوامە لەبەردەم یەزدان بۆ نەوەکانتان. [٩]هیچ بخووری دیکەی مەخەنە سەر، هەروەها قوربانی سووتاندن و دانەوێڵەی پێشکەشکراو، هیچ شەرابێکی پێشکەشکراویشی بەسەردا مەڕێژن. [١٠]هارونیش ساڵی جارێک کەفارەت لەسەر قۆچەکانی بکات، لە خوێنی قوربانی گوناە کە بۆ کەفارەتە، ساڵی جارێک کەفارەتی لەسەر دەکرێت بۆ نەوەکانتان، هەرەپیرۆزە بۆ یەزدان.»

## زیوی کەفارەت

[١١]یەزدان بە موسای فەرموو: [١٢]«کاتێک سەرژمێری نەوەی ئیسرائیل دەکەیت، لە کاتی تۆمارکردنیان هەریەکە و نرخی ژیانی خۆی دەداتە یەزدان، ئیتر کارەساتیان تێناکەوێت کاتێک دەیانژمێریت. [١٣]هەر یەکێک دەژمێردرێت ئەمە بدات، ئەم نیو شاقلە[e] بە شاقلی پیرۆزگا، هەر شاقلێکیش بیست گێرایە[f]. بە پێشکەشکراو بۆ یەزدان دادەنرێت. [١٤]هەموو ئەوانەی دەژمێردرێن لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، پێشکەشکراو دەدەنە یەزدان. [١٥]دەوڵەمەند زیاتر نادات و هەژاریش لە نیو شاقل کەمتر نادات، کاتێک پێشکەشکراوەکەی یەزدان بۆ کەفارەتی خۆتان دەدەن. [١٦]زیوی کەفارەتەکەش لە نەوەی ئیسرائیل وەردەگریت و بۆ خزمەتی چادری چاوپێکەوتن

[a] ٤٠ دەیەکی ئێفەیەک: نزیکەی دوو لیتر.

[b] ٤٠ چارەکە هەینێک: نزیکەی یەک لیتر.

[c] ٢ باڵێک: نزیکەی نیو مەتر.

[d] ٢ دوو باڵ: نزیکەی ٩٠ سانتیمەتر.

[e] ١٣ نیو شاقل: نزیکەی شەش گرام زیو.

[f] ١٣ یەک گێرا: نزیکەی ٦،٠ گرام؛ ٢٠ گێرا: نزیکەی ١٢ گرام.

دایدەنێیت. بۆ نەوەی ئیسرائیل دەبێتە یادەوەری لەبەردەم یەزدان بۆ کەفارەتی گیانتان.»

## حەوزێك بۆ شوشتن

[١٧]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١٨]«حەوزێك لە بڕۆنز دروستبکە و ژێرەکەشی لە بڕۆنز بێت بۆ شوشتن، لەنێوان چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکەی دابنێ و ئاوی تێبکە. [١٩]هارون و کوڕەکانی دەست و پێیانی لێ بشۆن، [٢٠]لە کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ چادری چاوپێکەوتن بە ئاو بیشۆن نەوەك بمرن. هەروەها کاتێك لە قوربانگاکە نزیك دەبنەوە بۆ خزمەت بۆ سووتاندنی قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان، [٢١]دەست و پێیان بشۆن نەوەك بمرن. ئەمەش دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆ هارون و بۆ وەچەکەی لە نەوەکانیان.»

## زەیتی دەستنیشانکردن

[٢٢]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٣]«تۆش بۆ خۆت باشترین بۆن ببە، پێنج سەد شاقل[a] ئاوی مورِ[b] و نیوەی ئەوە دوو سەد و پەنجا شاقل دارچینی بۆنخۆش و دوو سەد و پەنجا شاقل قامیشی بۆنخۆش، [٢٤]کاسیاش[c] پێنج سەد شاقل، هەمووی بەگوێرەی شاقلی پیرۆزگا بێت، هەروەها لە زەیتی زەیتوونیش هەینێك[d] . [٢٥]بەمانە زەیتی پیرۆز بۆ دەستنیشانکردن دروستبکە، تێکەڵ وەك دەستکردی عەتار، دەبێتە زەیتی پیرۆز بۆ دەستنیشانکردن. [٢٦]ئینجا چادری چاوپێکەوتن و سندوقی پەیمان، [٢٧]لەگەڵ مێزەکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و چرادانەکە و قاپوقاچاغەکانی و قوربانگاکەی بخوور و [٢٨]قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و ژێرەکەی پێ چەور دەکەیت. [٢٩]تەرخانیان بکە و دەبنە هەرەپیرۆز، هەر شتێك پێیان بکەوێت پیرۆز دەبێت.

[٣٠]«هارون و کوڕەکانیشی دەستنیشان بکە و تەرخانیان بکە بۆ ئەوەی کاهینییێتیم بۆ بکەن. [٣١]لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلیش قسە بکە و بڵێ: ”ئەمە بۆ من دەبێتە زەیتێکی پیرۆز بۆ دەستنیشانکردنی کەسانێك لە نەوەکانتان. [٣٢]نابێت بەسەر لەشی کەسدا بکرێت و نابێت بە پێوانەکانی وەك ئەو دروستبکرێت، ئەوەی پیرۆزە، دەبێت لەلاتان پیرۆز بێت. [٣٣]هەرکەسێك وەك ئەوە عەتاری بکات و ئەو زەیتە لە کەسانی دیکە بدات، لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە.“»

## بخوور

[٣٤]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: «بۆنوبەرام بۆ خۆت ببە، مەستەکی و بۆنی گوێچکە ماسی و مورِی بۆنخۆش و بخووری سادە، بەشی یەکسان بن، [٣٥]بیانکە بە بخووری بۆنخۆش، دەستکردی عەتار، سوێرکراوی بێگەرد و پیرۆز. [٣٦]هەندێکی لێ ورد بکە وەك تۆز و لەبەردەم سندوقی پەیمان داینێ لەناو چادری چاوپێکەوتن، ئەوەی لەوێ چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکەم، دەبێتە هەرەپیرۆز بۆتان. [٣٧]ئەو بخوورەی بە پێوانەی ئەو دروستی دەکەن نابێت بۆ خۆتانی دروستبکەن، لەلاتان پیرۆز دەبێت بۆ یەزدان، [٣٨]هەرکەسێك وەك ئەوە دروستبکات هەتا بۆنی بکات، لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە.»

## بەسەلئێل و ئۆهۆلیئاب

٣١ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«بڕوانە، ئەوا من بەسەلئێلی کوڕی ئوری کوڕی حوورم لە هۆزی یەهودا هەڵبژاردووە، [٣]لە ڕۆحی خوداشەوە پڕم کردووە لە دانایی و تێگەیشتن و زانیاری لە هەموو جۆرە پیشەگەرییەك. [٤]بۆ داهێنانی داهێنانەکان، بۆ کارکردن لە زێڕ و زیو و بڕۆنز، [٥]بۆ تاشین و ڕازاندنەوەی بەرد، بۆ دارتاشی و بۆ کارکردن لە هەموو پیشەیەك. [٦]من ئۆهۆلیئابی

---

[a] ٢٣ نزیکەی شەش کیلۆگرام.

[b] ٢٣مورِ ئاوێکی بۆن خۆشە لە گەڵای جۆرە گوڵێك دەردەچێت.

[c] ٢٤ دارێکە بۆ بۆنخۆشی بەکاردێت.

[d] ٢٤ هەینێك: نزیکەی چوار لیتر.

کوڕی ئەحیساماك کە لە هۆزی دانە، لەگەڵ ئەوم داناوە. توانام داوە بە هەموو پیاوێکی پیشەوەر تاکو هەموو ئەو کارانە بکەن کە فەرمانم پێکردیت: ٧چادری چاوپێکەوتن، سندوقی پەیمان، قەپاغەکەی کەفارەت کە لەسەریەتی، هەموو کەلوپەلەکانی چادرەکە کە پێکهاتووە لە ٨مێزەکە، قاپوقاچاغەکانی، چرادانەکە کە لە زێڕی بێگەردە و هەموو قاپوقاچاغەکانی، قوربانگاکەی بخوور، ٩قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکانی، حەوزەکە و ژێرەکەی، ١٠هەروەها جلوبەرگە چنراوەکان، جلوبەرگە پیرۆزەکان بۆ هارونی کاهین و جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ ئەنجامدانی کاهینییەتی، ١١زەیتەکەی دەستنیشانکردن، بخووری بۆنخۆش بۆ شوێنی پیرۆز. هەروەك هەموو ئەوەی فەرمانم پێکردیت، دەیکەن.»

## ڕۆژی حەسانەوە (شەبات)

١٢ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ١٣«تۆ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”دەبێت شەممەکانی[a] من بپارێزن، چونکە نیشانەیە لەنێوان من و ئێوە بۆ نەوەکانتان هەتا بزانن کە من یەزدانم ئەوەی پیرۆزتان دەکەم.

١٤«”شەممە بپارێزن، چونکە پیرۆزە بۆتان، ئەوەی گڵاوی بکات دەبێت بکوژرێت، چونکە هەرکەسێك لەو پشووەدا کارێك بکات ئەوا لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە. ١٥شەش ڕۆژ کار دەکرێت، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم پشوودانی شەممەیە، پیرۆزە بۆ یەزدان، هەرکەسێك لە ڕۆژی شەممە کار بکات دەبێت بکوژرێت. ١٦نەوەی ئیسرائیل شەممە بپارێزن، بۆ ئەوەی نەوەکانیان وەك پەیمانێکی هەتاهەتایی پەیوەست بن بە شەممەوە. ١٧لەنێوان من و نەوەی ئیسرائیل نیشانەیەکە بۆ هەتاهەتایە، چونکە لە شەش ڕۆژدا یەزدان ئاسمان و زەویی دروستکرد و لە ڕۆژی حەوتەم لە کارکردن وەستا و پشووی دا.“»

١٨کاتێك کە لە شاخی سینا لە قسەکانی بووەوە لەگەڵ موسا، دوو تەختەکەی پەیمانی دایە موسا، تەختەی بەرد بوون و بە پەنجەی خودا نووسرا بوون.

## گوێرەکەی زێڕین

٣٢ کاتێك گەل بینی موسا دواکەوت لە هاتنە خوارەوە لە کێوەکە، لەسەر هارون کۆبوونەوە و پێیان گوت: «وەرە! چەند خوداوەندێکمان بۆ دروستبکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا نازانین چی لێهات.»

٢هارونیش وەڵامی دانەوە: «ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژن و کوڕ و کچەکانتانە لێی بکەنەوە و بۆ منی بهێنن.» ٣جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنا. ٤ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە قاڵب شێوەی گوێرەکەیەکی داڕشت و بە قەڵەم و چەکوش ڕێکیخست، ئینجا گوتیان: «ئەی ئیسرائیل، ئەمە خوداوەندەکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.»

٥کاتێك هارون ئەمەی بینی، قوربانگایەکی لەپێش گوێرەکەکە دروستکرد، بانگەوازی دا و گوتی: «بەیانی جەژنە بۆ یەزدان.» ٦ئینجا بەیانی زوو هەستان و قوربانی سووتاندنیان سەرخست و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان بۆ ڕابواردن هەستانەوە.

٧جا یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە هێناتە دەرەوە. ٨زوو لایاندا لەو ڕێگایەی کە فەرمانم پێکردن، گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراویان بۆ خۆیان دروستکردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن و قوربانی بۆ سەر دەبڕن، دەڵێن: ”ئەی ئیسرائیل، ئەمە خوداوەندەکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.“»

---

[a] ١٣ لە زمانی عیبری بە وشەی شەبات هاتووە، مەبەستی ڕۆژی حەسانەوەیە، کە ڕۆژی دوای شەش ڕۆژی بەدیهێنان خودا حەسایەوە، بڕوانە پەیدابوون ٢:٢.

٩هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: «تەماشای
ئەم گەلەم کرد، ئەوان گەلێکی کەللەڕەقن. ١٠ئێستاش
لێمگەڕێ با تووڕەییم بەسەریاندا بێتە جۆش و
کۆتاییان پێ بهێنم، تۆش دەکەمە گەلێکی مەزن.»
١١بەڵام موساش لە یەزدانی پەروەردگاری خۆی
پاڕایەوە، گوتی: «یەزدان، بۆچی تووڕەییت بەسەر
گەلەکەتدا دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە بە
توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرتهێنا؟
١٢بۆچی میسرییەکان بڵێن: ”بە نیازخراپی دەریهێنان
هەتا لە کێوەکان بیانکوژێت و لەسەر ڕووی زەوی
نەیانهێڵێت؟“ جۆشی تووڕەییت دابمرکێنەوە و ئەو
سزایە ڕەت بکەرەوە کە فەرمووت بەسەر گەلەکەتدا
دەیسەپێنیت. ١٣ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی
خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە کە بە گیانی خۆت
سوێندت بۆیان خوارد و پێت فەرموون، ”نەوەکانتان
زۆر دەکەم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم
خاکەش کە باسم کرد، دەیدەمە نەوەکانتان و دەبێتە
موڵکیان بۆ هەتاهەتایە.“» ١٤ئینجا یەزدان پاشگەز
بووەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە
گەلەکەی بکات.

١٥موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە،
دوو تەختەکەی پەیمانیشی لە دەست بوو، ئەو
تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم
لاو لەو لاوە نووسرابوون. ١٦تەختەکان دەستکردی
خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر
تەختەکان نەخشێنراوە.
١٧کاتێك یەشوع گوێی لە دەنگی گەل بوو کە
هاواریان دەکرد، بە موسای گوت: «دەنگی جەنگە
لە ئۆردوگاکە!»
١٨ئەویش گوتی:

«نە دەنگی هاواری سەرکەوتنە،
نە دەنگی هاواری دۆڕاندنە،
بەڵکو دەنگی گۆرانییە، ئەوەی گوێم لێیە.»

١٩ئەوە بوو کاتێك لە ئۆردوگاکە نزیك کەوتەوە،
چاوی بە گوێرەکە و سەما کەوت، تووڕەیی موسا
جۆشا و هەردوو تەختەکەی لە دەستیەوە فڕێدا و لە
خوار کێوەکە شکاندنی. ٢٠هەروەها ئەو گوێرەکەیەی
دروستیان کردبوو بردی و سووتاندی، هاڕی هەتا
بووە تۆز، بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە
نەوەی ئیسرائیل خواردەوە.
٢١موسا بە هارونی گوت: «ئەم گەلە چییان
لێکردوویت هەتا ئەو گوناهە گەورەیەیان
بەسەربهێنیت؟»
٢٢هارونیش گوتی: «با تووڕەیی گەورەم
نەجۆشێت، خۆت دەزانیت چۆن دڵی ئەم گەلە
مەیلی خراپەکاری هەیە. ٢٣پێیان گوتم: ”چەند
خوداوەندێکمان بۆ دروستبکە لەپێشمانەوە بڕۆن،
چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی
میسرەوە دەرهێنا، نازانین چی لێهات.“ ٢٤منیش پێم
گوتن: ”کێ زێڕی پێوەیە با لێی بکاتەوە و بمداتێ.“
ئینجا فڕێمدایە ناو ئاگر و ئەم گوێرەکەیەی لێ
دەرچووو!»
٢٥موسا بینی گەل بەڕەڵا کراوە، چونکە هارون
بەڕەڵای کردبوون هەتا ببنە گاڵتەجاڕ لەنێو
بەرهەڵستکارانیان. ٢٦ئینجا موسا لە دەروازەی
ئۆردوگاکە وەستا و گوتی: «کێ بۆ یەزدانە با بێتە
لام.» ئیتر هەموو نەوەی لێڤی لێی کۆبوونەوە.
٢٧ئەویش پێی گوتن: «یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”با هەریەکە
شمشێرەکەی لە لاڕانییەوە ببەستێت، دەروازە بە
دەروازە بە ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە، با
هەریەکە بکوژێت، جا برای بێت یان هاوڕێ یان
دراوسێ.“» ٢٨نەوەی لێڤیش بەم جۆرەیان کرد،
هەروەك موسا گوتی، ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار
پیاو لە گەل کەوتن. ٢٩موسا گوتی: «ئەمڕۆ ئێوە
تەرخان کراون بۆ یەزدان، لەبەر ئەوەی ئێوە لە
دژی کوڕ و براکانتان بوون، ئیتر ئەمڕۆ بەرەکەتداری
کردن.»
٣٠ئەوە بوو بۆ بەیانی موسا بە گەلی گوت: «ئێوە
گوناهێکی گەورەتان کردووە، بەڵام ئێستا سەردەکەوم
بۆ لای یەزدان، بەڵکو کەفارەتی گوناهەکەتان بکەم.»

[٣١]ئیتر موسا گەڕایەوە لای یەزدان و گوتی: «ئای کە ئەم گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و خوداوەندی زێڕینیان بۆ خۆیان دروستکرد، [٣٢]بەڵام ئێستا لە گوناهیان خۆشبە، ئەگەر نا، لە پەڕتووکەکەی خۆت بمسڕەوە کە نووسیوتە.»

[٣٣]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «ئەوەی گوناهی سەبارەت بە من کردبێت لە پەڕتووکی خۆم دەیسڕمەوە. [٣٤]ئێستاش بڕۆ پێشڕەوی گەل بکە بۆ ئەو شوێنەی پێم گوتیت، فریشتەکەم وا لەپێشت دەڕوات، بەڵام کاتێك ڕۆژی سزادان هات، لەسەر گوناهەکانیان سزایان دەدەم.»

[٣٥]ئیتر یەزدان گەلی تووشی دەرد کرد لەسەر ئەوەی لەگەڵ گوێرەکەکە کردیان کە هارون دروستی کردبوو.

## ٣٣

یەزدان بە موسای فەرموو: «لێرە بڕۆ، خۆت و ئەو گەلەی لە خاکی میسرەوە هێناتە دەرەوە، بڕۆنە ئەو خاکەی سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم: ”دەیدەمە نەوەکەت.“ [٢]فریشتەیەکیش لەپێشتەوە دەنێرم و کەنعانی و ئەموری و حیتی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان ڕادەماڵم. [٣]بۆ خاکێك کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بەڵام من لەناوەندت سەرناکەوم، چونکە تۆ گەلێکی کەللەڕەقیت و نەوەك لە ڕێگا کۆتاییت پێ بهێنم.»

[٤]کاتێك گەل گوێیان لەم هەواڵە ناخۆشانە بوو، شینیان گێڕا و کەس خۆی نەڕازاندەوە. [٥]یەزدانیش بە موسای فەرمووبوو: «بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ: ”ئێوە گەلێکی کەللەڕەقن، ئەگەر تەنها بۆ ساتێك سەرکەومە ناوتان، کۆتاییتان پێ دەهێنم. ئێستاش جوانکارییەکەت دابکەنە و بزانە چیت پێ دەکەم.“» [٦]ئینجا نەوەی ئیسرائیل لە کێوی حۆرێڤ بابەتەکانی جوانکارییان لە خۆیان کردەوە.

### چادری چاوپێکەوتنی موسا

[٧]موساش چادرێکی دەهێنا و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە، دوور لە ئۆردوگاکە هەڵیدەدا و ناوی لێنابوو «چادری چاوپێکەوتن»[a]. هەرکەسێك داوای ڕاوێژی لە یەزدان دەکرد، دەچوو بۆ ئەم چادرەی چاوپێکەوتن، ئەوەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بوو. [٨]هەروەها هەر کاتێك موسا بۆ چادرەکە دەڕۆیشت، هەموو گەل هەڵدەستان و هەریەکە لە دەروازەی چادرەکەی خۆی ڕادەوەستا، دەیڕوانییە دوای موسا هەتا دەچووە ناو چادرەکەوە. [٩]کاتێك موسا دەچووە ناو چادرەکە ستوونێکی هەور دادەبەزی و لەبەر دەروازەی چادرەکە ڕادەوەستا، ئینجا یەزدان لەگەڵ موسا دەدوا. [١٠]گەلیش هەموویان ستوونی هەورەکەیان دەبینی لەبەر دەروازەی چادرەکە ڕاوەستاوە، هەموو گەل هەڵدەستان و کڕنۆشیان دەبرد، هەریەکە و لەبەر دەروازەی چادرەکەی خۆی. [١١]یەزدانیش ڕووبەڕوو لەگەڵ موسا دەدوا، هەروەك یەکێك لەگەڵ برادەرەکەی بدوێت. کاتێکیش موسا دەگەڕایەوە ئۆردوگاکە، گەنجە خزمەتکارەکەی کە یەشوعی کوڕی نون بوو لەناو چادرەکە دەرنەدەچوو.

### موسا و شکۆمەندی یەزدان

[١٢]موسا بە یەزدانی گوت: «بڕوانە، تۆ بە منت فەرموو: ”ئەم گەلە سەربخە،“ بەڵام تۆ پێت نەناساندم کە کێ لەگەڵم دەنێریت، هەروەها تۆ فەرمووت: ”دەتناسم و ناویشت دەزانم و پەسەندیت لەبەرچاوم.“ [١٣]ئێستاش ئەگەر لەبەرچاوت پەسەندم، ڕێگای خۆتم فێر بکە، بۆ ئەوەی بتناسم، هەتا لەبەرچاوت پەسەند بم، هەروەها ببینە ئەم نەتەوەیەی کە گەلی خۆتە.»

[١٤]یەزدان فەرمووی: «من لەگەڵتان دەبم و لەگەڵتان دەڕۆم و دەتانحەسێنمەوە.»

[١٥]موساش پێی گوت: «ئەگەر تۆ لەگەڵمان نەبیت و لەگەڵمان نەڕۆیت، لێرەوە سەرمان مەخە. [١٦]بە چیش دەزانرێت کە من و گەلەکەت لەبەرچاوت پەسەندین، ئایا بە ڕۆیشتنت نییە لەگەڵمان؟ بەمە لە هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی جیا دەکرێینەوە.»

[a] ٧ چادرێکی بچووك بووە پێش دروستکردنی چادری پەرستن، لەوێ موسا ڕاوێژی لەگەڵ خودا دەکرد لەسەر هەر بابەتێك.

[١٧] یەزدانیش بە موسای فەرموو: «هەروەها ئەم شتەش دەکەم کە باست کرد، چونکە لەبەرچاوم پەسەند بوویت و بە ناوت تۆم ناسی.»
[١٨] ئینجا موسا گوتی: «شکۆمەندی خۆتم پیشان بدە.»

[١٩] ئەویش فەرمووی: «هەموو چاکیم لەپێشت تێدەپەڕێنم. من کە ناوم یەزدانە، لەبەردەمی تۆ ناوی خۆم ڕادەگەیەنم. میهرەبان دەبم لەگەڵ ئەوەی میهرەبان دەبم و بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بەزەییم پێیدا دێتەوە.»[a] [٢٠] هەروەها فەرمووی: «ناتوانیت ڕووم ببینیت، چونکە کەس نییە بمبینێت و بژییێت.»

[٢١] هەروەها یەزدان فەرمووی: «ئەوەتا شوێنێکم هەیە و لەسەر ئەو تاشەبەردە بوەستە. [٢٢] کاتێك شکۆمەندیم تێدەپەڕێت، ئەوا دەتخەمە کەلێنێکی بەردەکە و هەتا تێدەپەڕم بە دەستم دادەپۆشم، [٢٣] دواتر دەستم هەڵدەگرم و تۆ لە دواوە دەمبینیت، بەڵام ڕووم نابینرێت.»

## دوو تەختە بەردی نوێ

٣٤ یەزدان بە موسای فەرموو: «دوو تەختە بەردی وەك ئەوانەی یەکەم بۆ خۆت بتاشە، منیش لەسەر دوو تەختەکە ئەو وشانە دەنووسمەوە کە لەسەر دوو تەختەکەی یەکەم جار بوون و تۆ شکاندت. [٢] بۆ بەیانیش ئامادە بە و لە بەیانیدا سەربکەوە بۆ سەر شاخی سینا. لەوێ لەسەر لووتکەی کێوەکە بۆم ڕاوەستە. [٣] کەس لەگەڵت سەرنەکەوێت و لە هەموو کێوەکە کەس نەبینرێت، هەروەها مەڕوماڵاتیش لەلای کێوەکە نەلەوەڕێنرێت.»

[٤] ئینجا موسا دوو تەختە بەردی وەك ئەوانەی یەکەم جاری تاشی و بەیانی زوو هەستا و بۆ شاخی سینا سەرکەوت، هەروەك یەزدان فەرمانی پێ کرد، لەگەڵ دەستیشی دوو تەختە بەردەکەی هەڵگرت. [٥] یەزدان لە هەورەوە دابەزی و لەوێ لەلای ڕاوەستا و ناوی خۆی ڕاگەیاند کە یەزدانە. [٦] ئینجا یەزدان لەبەردەمی تێپەڕی و ڕایگەیاند: «یەزدان، یەزدان، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە، پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی زۆرە. [٧] خۆشەویستی نەگۆڕ دەپارێزێت بۆ هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناه خۆشدەبێت، بەڵام تاوانباران ئەستۆپاك ناکات، بەڵکو لەسەر تاوانی باوکان سزای نەوەکان دەدات هەتا نەوەی سێیەم و چوارەم.»

[٨] موسا خێرا سەری دانەواند و کڕنۆشی برد، [٩] گوتی: «ئەی پەروەردگار، ئەگەر لەبەرچاوت پەسەندم، با پەروەردگار لەگەڵمان بڕوات، چونکە گەلێکی کەللەڕەقە، تۆش لە تاوان و گوناهمان خۆشبە و بمانکە بە موڵکی خۆت.»

[١٠] ئەویش فەرمووی: «گوێ بگرە، پەیمانێکت لەگەڵ دەبەستم. لە بەرامبەر هەموو گەلەکەت کاری سەرسوڕهێنەری وا دەکەم کە لە هەموو زەویدا و لەناو هەموو نەتەوەکاندا نەکرابێت، هەموو ئەو گەلەش کە تۆ لەنێویاندایت کرداری یەزدان دەبینن، چونکە ئەوەی من لەگەڵ تۆ دەیکەم سامناکە. [١١] ئەوەی ئەمڕۆ فەرمانت پێدەدەم بەجێی بهێنە. من ئەموری و کەنعانی و حیتی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان لەپێشت دەردەکەم. [١٢] ئاگاداربن هیچ پەیمانێك لەگەڵ دانیشتووانی ئەو خاکە مەبەستن کە دێنە سەری، نەوەك ببنە تەڵە لەناوەندتان. [١٣] بەڵکو دەبێت ئێوە قوربانگاکانیان بڕووخێنن و بەردە تەرخانکراوەکانیان بشکێنن و ستوونە ئەشێراکانیان[b] ببڕنەوە. [١٤] کڕنۆش بۆ خودایەکی دیکە نەبەن، چونکە یەزدان ناوی ئیرەدارە، خودایەکی ئیرەدارە[c].

[١٥] «نەوەك پەیمان لەگەڵ دانیشتووانی خاکەکە

---

[a] ١٩ وەك ئەوەی خودا بە موسا بفەرمووێت: (بە ویستی خۆمە لەگەڵ کێ بمەوێت، لەگەڵی میهرەبان دەبم و بە بەزەیی دەبم.) بڕوانە ڕۆما ١٥:٩.

[b] ١٣ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١.

[c] ١٤ واتای حەسوود، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

ببەستن، چونکە هەروەك لەشفرۆش[a] لەگەڵ چەندین کەس ڕادەبوێرێت، خەڵکی خاکەکەش لە جیاتی پەرستنی من، بت دەپەرستن، قوربانی بۆ خوداوەندەکانیان سەردەبڕن، داوەتتان دەکەن و ئێوەش لە قوربانییەکەیان دەخۆن. ١٦کاتێك کچیان بۆ کوڕتان دەخوازن و ئەو کچانەی وەك لەشفرۆش بەدوای خوداوەندەکانی خۆیان دەکەون، وا دەکەن کوڕی ئێوەش وەك لەشفرۆش[b] بەدوای خوداوەندەکانی ئەوان بکەون.

١٧«خوداوەندی لەقاڵبدراو دروستمەکەن.

١٨«وەك فەرمانم پێکردوون، جەژنی فەتیرە بگێڕن، لە مانگی ئاڤیڤ حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە بخۆن، چونکە ئێوە لە مانگی ئاڤیڤ لە میسر هاتنە دەرەوە.

١٩«هەموو نۆبەرەی سکێك بۆ منە، هەروەها هەر نۆبەرەیەکی نێر لە ئاژەڵەماڵییەکەشت لە گا و بەران، ٢٠نۆبەرەی گوێدرێژ بە بەرخێك بکڕنەوە، بەڵام ئەگەر نەیکڕنەوە، دەبێت ملی بشکێنن[c]، هەموو نۆبەرەیەك لە کوڕەکانتان بکڕنەوە.

«بە بەتاڵی لەبەردەمم ئامادە نابن.

٢١«شەش ڕۆژ کار بکەن، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم شەممەیە، لە کاتی وەرزی کێڵان و لە کاتی دروێنەش پشوو بدەن.

٢٢«جەژنی هەفتەکان[d] بۆ خۆتان بگێڕن، یەکەم بەرهەمی دروێنەی گەنم و جەژنی کۆکردنەوە لە کۆتایی ساڵ[e]. ٢٣سێ جار لە ساڵێکدا هەموو نێرینەکانتان لەبەردەم یەزدانی باڵادەستی خودای ئیسرائیل ئامادە دەبن. ٢٤گەلان لەبەردەمتان دەردەکەم و سنوورەکانتان فراوان دەکەم، کەسیش چاونابڕێتە خاکەکەتان، کاتێك لە ساڵێکدا سێ جار دێن بۆ ئەوەی لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان ئامادە بن.

٢٥«خوێنی قوربانیم لەگەڵ شتی بە هەویرترش پێشکەش مەکەن، قوربانی جەژنی پەسخە بۆ بەیانی نەمێنێتەوە.

٢٦«باشترینی یەکەمین بەرهەمی زەوییەکەتان بۆ ماڵی یەزدانی پەروەردگارتان بهێنن.

«هیچ کاریلەیەك بە شیری دایکی لێمەنێن.»

٢٧هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: «ئەم وتانە بنووسەوە، چونکە بەگوێرەی ئەو وتانە پەیمانم لەگەڵ تۆ و لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بەستووە.» ٢٨موسا چل شەو و چل ڕۆژ لەوێ بوو لەلای یەزدان، نانی نەخوارد و ئاوی نەخواردەوە، لەسەر دوو تەختەکەش وتەکانی پەیمانی نووسی، دە ڕاسپاردەکە.

## دەموچاوی موسا دەدرەوشێتەوە

٢٩کاتێك موسا لە شاخی سینا دەهاتە خوارەوە، هەردوو تەختەکەی پەیمانی لەدەست بوو، لە هاتنە خوارەوەی لە کێوەکە موسا نەیزانی کە پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، لەبەر قسەکردنی لەگەڵ یەزدان. ٣٠کاتێك هارون و هەموو نەوەی ئیسرائیل بینییان موسا وا دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، ئیتر ترسان لێی نزیك ببنەوە. ٣١بەڵام موسا بانگی کردن، ئیتر هارون و هەموو ڕابەرەکانی کۆمەڵ گەڕانەوە لای، موساش لەگەڵیان دوا. ٣٢دواتر هەموو نەوەی ئیسرائیل نزیك کەوتنەوە، ئەویش فەرمانی پێدان بە هەموو ئەوەی کە یەزدان لە شاخی سینا لەگەڵی دوابوو.

٣٣کاتێك موسا لە قسەکانی بووەوە لەگەڵیان، ڕووپۆشێکی لەسەر دەموچاوی دانا. ٣٤بەڵام موسا لە چوونە ژوورەوەی بۆ بەردەم یەزدان بۆ قسەکردن

---

[a] ١٥ دوورکەوتنەوە لە خودا و بتپەرستی وەك لەشفرۆشییە یان وەکو ناپاکیکردنی ژنە لە هاوسەرەکەی.

[b] ١٦ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت بەرامبەر بە ژنەکەی.

[c] ٢٠ مەبەست لە کوشتنی جاشکەکەیە.

[d] ٢٢ هەروەها وەك جەژنی دروێنەش ناسراوە (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٣) ٥٠ ڕۆژ لەدوای جەژنی فەتیرە بووە، کە دەکاتە حەوت هەفتە.

[e] ٢٢ بەپێی ڕۆژمێری ئەو سەردەمە پاییز کۆتایی ساڵ بووە.

لەگەڵی ڕووپۆشەکەی لا دەدا هەتا دەچووە دەرەوە، دەچووە دەرەوە و لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دەدوا سەبارەت بەوەی فەرمانی پێکرابوو. [٣٥]هەر کاتێك نەوەی ئیسرائیل دەموچاوی موسایان دەبینی کە دەدرەوشایەوە، موسا ڕووپۆشەکەی دەخستەوە سەر دەموچاوی هەتا دەچووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەزدان بدوێت.

## فەرمانی ڕۆژی شەممە

٣٥ موسا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلی کۆکردەوە و پێی گوتن: «ئەمانە ئەو وشانەن کە یەزدان فەرمانی کردووە بکرێن، [٢]شەش ڕۆژ کار دەکرێت، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەم بۆتان دەبێتە پیرۆز، پشوودانی شەممەیە بۆ یەزدان، ئەوەی کاری تێدا بکات دەبێت بکوژرێت. [٣]لە هەموو نشینگەکانتان نابێت لە ڕۆژی شەممە ئاگر بکرێتەوە.»

## کەلوپەلەکانی چادری پەرستن

[٤]هەروەها موسا بە هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلی گوت: «ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان فەرمانی پێ کردووە: [٥]لەلای خۆتانەوە پێشکەشکراو بۆ یەزدان ببەن، هەرکەسێك بە خواستی دڵی خۆی با پێشکەشکراو بۆ یەزدان بهێنێت، لە زێڕ و زیو و بڕۆنز؛ [٦]ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ، کەتانی ناسك و مووی بزن؛ [٧]پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور و پێستی مانگای دەریا و داری ئەکاسیا؛ [٨]زەیتی زەیتوون بۆ چرا؛ بۆنوبەرام بۆ زەیتی دەستنیشانکردن و بۆ بخووری بۆنخۆش؛ [٩]بەردی عاشقبەند و بەردی گرانبەهای دیکە بۆ ئێفۆد و بۆ بەرسینە.

[١٠]«با هەموو بەهرەمەندێکیش لەنێوتان بێت و ئەوە بکات کە یەزدان فەرمانی پێ کردووە: [١١]چادری پەرستن و ڕەشماڵەکەی و پۆشەر و فاق و چوارچێوە و کاریتە و کۆڵەکە و بنکەکانی؛ [١٢]سندوقەکە و دارەکانی و قەپاغی کەفارەت و پەردەکەی شوێنی هەرەپیرۆز؛ [١٣]مێزەکە و دارەکانی و هەموو قاپوقاچاغەکانی و نانی تەرخانکراو بۆ خودا؛ [١٤]چرادانەکەی ڕووناکی و قاپوقاچاغ و چراکانی و زەیت بۆ ڕووناکی؛ [١٥]قوربانگاکەی بخوور و دوو دارەکەی و زەیتی دەستنیشانکردن و بخووری بۆنخۆش؛ پەردەکەی دەروازە بۆ دەروازەی چادرەکەی پەرستن؛ [١٦]قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و کەتیبە بڕۆنزییەکەی، دوو دارەکەی و هەموو قاپوقاچاغەکەی و حەوزەکە و ژێرەکەی؛ [١٧]پەردەکانی حەوشە و کۆڵەکە و بنکەکانی و پەردەی دەروازەی حەوشەکە؛ [١٨]سنگەکانی چادرەکەی پەرستن و سنگەکانی حەوشەکە و گوریسەکانیان؛ [١٩]جلوبەرگە چنراوەکانی خزمەتکردن لە پیرۆزگا، جلوبەرگە پیرۆزەکەی هارونی کاهین و جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ کاهینییەتی.»

[٢٠]ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم موسا کشانەوە. [٢١]دواتر هەموو ئەوانەی لە دڵیاندا بوو و ڕۆحیان خواستی، هاتن و پیتاکی یەزدانیان هێنا بۆ دروستکردنی چادری چاوپێکەوتن بۆ هەموو خزمەتەکە و بۆ جلوبەرگە پیرۆزەکان. [٢٢]هەموو پیاوان و ژنان هاتن، هەموو بە خواستی دڵیان خەزێم و گوارە و ئەنگوستیلە و ملوانکە و هەموو خشڵێکی زێڕیان هێنا، هەرکەسێك زێڕی خۆی وەك قوربانی بەرزکردنەوە بۆ یەزدان بەرزکردەوە. [٢٣]هەرکەسێکیش کە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ، کەتانی ناسك، مووی بزن، پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور، یان پێستی مانگای دەریای هەبوو هێنای. [٢٤]کەسانێك هەبوون پیتاکی زیو و بڕۆنزیان پێشکەشی یەزدان کرد، کەسانێکیش هەبوون داری ئەکاسیایان هێنا بۆ بەکارهێنانی لە هەر خزمەتێکدا. [٢٥]هەموو ژنێکی بەهرەمەندیش بە دەست ڕستنی ڕست و ڕیسەکەی هێنا، ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ناسك. [٢٦]هەموو ئەو ئافرەتانەش کە لەسەر دڵیان بوو بە دانابییەوە مووی بزنیان ڕست. [٢٧]سەرکردەکانیش بەردی عاشقبەند و بەردەکانی

ڕازاندنەوەی ئێفۆد و بەرسینەکەیان هێنا. [٢٨]هەروەها بۆن و زەیت بۆ ڕووناکی و بۆ زەیتی دەستنیشانکردن و بخووری بۆنخۆش. [٢٩]هەموو ئەو پیاو و ئافرەتانەی ئیسرائیلیش کە لەسەر دڵیان بوو دیارییەك پێشکەش بکەن، هاتن و بەخشینیان هێنا بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو کارانەی یەزدان کە لە ڕێگەی موسا فەرمانی پێکردبوون.

## بەسەلئێل و ئۆهۆلیئاب

[٣٠]موساش بە نەوەی ئیسرائیلی گوت: «بڕوانن، یەزدان بەسەلئێلی کوڕی ئوری کوڕی حووری لە هۆزی یەهودا هەڵبژاردووە، [٣١]لە ڕۆحی خوداشەوە پڕی کردووە لە دانایی و تێگەیشتن و زانیاری لە هەموو جۆرە پیشەگەرییەك، [٣٢]بۆ داهێنانی داهێنانەکان، بۆ کارکردن لە زێڕ و زیو و بڕۆنز، [٣٣]بۆ تاشین و ڕازاندنەوەی بەرد، بۆ دارتاشی و بۆ کارکردن لە هەموو جۆرە پیشە و داهێنانێك. [٣٤]فێرکردنیشی لە دڵی داناوە، ئەو و ئۆهۆلیئابی کوڕی ئەحیساماك کە لە هۆزی دانە. [٣٥]پڕی کردوون لە بەهرەمەندی بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە کارێك، تاشین و داهێنان، چنین لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ، کەتانی ناسك و هەموو کارێکی ڕستن، وەستای هەموو کارێك و داهێنەری داهێنانەکان.

٣٦ ئیتر بەسەلئێل و ئۆهۆلیئاب و هەموو پیاوێکی بەهرەمەند کە یەزدان دانایی و تێگەیشتنی پێدابن هەتا بزانن چۆن کار بکەن لە هەموو کاری خزمەتکردنەکە لە پیرۆزگا، دەبێت بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ کردوون بیکەن.»

[٢]ئینجا موسا بەسەلئێل و ئۆهۆلیئاب و هەموو کەسێکی کارامە کە یەزدان توانای پێدابوو و خواستی ئەوەی هەبوو بێت بۆ کارکردن بانگی کردن. [٣]هەموو ئەو پیتاکەیان لە موسا وەرگرت، ئەوەی نەوەی ئیسرائیل هێنابوویان بۆ کاری خزمەتکردن لە بنیادنانی پیرۆزگا، ئەوانیش بە خواستی خۆیان هەموو بەیانییەك بەخشینیان بۆی دەهێنا. [٤]ئینجا هەموو ئەو پیشەوەرە کارامانەی کە لە پیرۆزگادا کاریان دەکرد، کارەکەیان بەجێهێشت و هاتنە لای موسا [٥]و پێیان گوت: «گەل لە پێویستی ئەو کارەی خزمەت کە یەزدان فەرمانی بە دروستکردنی کردووە زیاتر دەهێنن.»

[٦]ئیتر موسا فەرمانی دا و لە ئۆردوگاکە بانگەواز کرا، گوترا: «با هیچ پیاوێك یان ژنێك ئیتر شت دروستنەکەن بۆ پیتاك بۆ پیرۆزگا.» جا گەل لە هێنان وەستان، [٧]کەرەستەکانیش بەشی هەموو کارێکی کردن بۆ ئەوەی بیکەن و زیاتریش بوو.

## چادری پەرستن

[٨]هەموو بەهرەمەندێك لەوانەی کاریان لە دروستکردنی چادرەکەی پەرستن دەکرد، دە پڵاسیان[a] لە کەتانی ڕستراو و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ دروستکرد، لەگەڵ وێنەی کەڕوبەکان[b] بە دەستکردی جۆلایەکی شارەزا دروستیان کردن. [٩]درێژایی هەر پڵاسێك بیست و هەشت باڵ و پانییەکەی چوار باڵ بوو،[c] یەك ئەندازەش بۆ هەموو پڵاسەکان. [١٠]پێنج پڵاس پێکەوە بەستران و پێنجەکەی دیکەش پێکەوە بەسترانەوە. [١١]ئەڵقەشی لە ڕیسی مۆر لەسەر لێواری پڵاسە لاوەکییەکانی پارچەی یەکەم دروستکرد، هەمان شتی بۆ لێواری پڵاسە لاوەکییەکانی پارچەی دووەم کرد. [١٢]پەنجا ئەڵقەی بۆ پڵاسی یەکەم دروستکرد و پەنجا ئەڵقەی دیکەش بۆ لای ئەو پڵاسەی کە لە پارچەکەی دووەمە، ئەڵقەکانیش بەرامبەر یەکتری بوون. [١٣]پەنجا فاقی[d] زێڕیشی دروستکرد. بە فاقەکان پڵاسەکانی هەریەکە

[a] ٨ ئەو پارچە ڕستراوانەی کە ڕەشماڵ یان چادری پێ دروستدەکرێ.
[b] ٨ کەڕوب: بوونەوەرێکی ئاسمانی باڵدارە لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، بڕوانە ١٨:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.
[c] ٩ پڵاس: بڕوانە ٢:٢٦. درێژایی نزیکەی ١٢,٥ مەتر و پانییەکەی ١,٨ مەتر.
[d] ١٣ فاق: گیرە.

و لەوەی تەنیشتی بەستەوە، ئیتر چادری پەرستن بووە یەك پارچە.

[١٤]هەروەها ڕەشماڵێکی لە یازدە پڵاس لە مووی بزن دروستکرد و سەری چادری پەرستنی پێ گرت. [١٥]درێژایی هەر پڵاسێك سی باڵ[a] و پانی چوار باڵ[b] بوو، یەك ئەندازەش بۆ هەر یازدە پڵاسەکە. [١٦]پێنجی لە پڵاسەکان پێکەوە بەستەوە و شەشەکەی دیکەش پێکەوە. [١٧]پەنجا ئەڵقەی لەسەر لێواری پڵاسی کۆتایی پارچەی یەکەم دروستکرد، پەنجا ئەڵقەش لەسەر لێواری پڵاسی کۆتایی پارچەی دووەم. [١٨]پەنجا فاقی بڕۆنزیشی دروستکرد بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی چادرەکە هەتا ببێتە یەك پارچە. [١٩]پۆشەرێکیشی لە پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور بۆ چادرەکە دروستکرد، پۆشەرێکیش لە پێستی مانگای دەریا لە سەرەوە.

[٢٠]چوارچێوەشی[c] لە داری ئەکاسیا بە ستوونی بۆ چادرەکەی پەرستن دروستکرد. [٢١]درێژایی هەر چوارچێوەیەك دە باڵ و پانی باڵ و نیوێك بوو.[d] [٢٢]دوو زمانەشی بۆ هەر چوارچێوەیەك دروستکرد بۆ جووتکردنی لەگەڵ چوارچێوەکەی تەنیشتی، بۆ هەریەك لە چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستن ئاوای کرد. [٢٣]چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستنیش، بیستیانی لەلای باشوور دروستکرد، [٢٤]چل بنکەی زیویشی لەژێر بیست چوارچێوەکە دروستکرد، دوو بنکە لەژێر هەر چوارچێوەیەك بۆ دوو پێچکەکەی. [٢٥]بیست چوارچێوەی بۆ لای باکووری چادرەکەی پەرستن دروستکرد. [٢٦]چل بنکەی زیویشی هەبوو، دوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەك و دوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەکی دیکە. [٢٧]بۆ پشتی چادرەکەی پەرستنیش بەرەو ڕۆژئاوا شەش چوارچێوە، [٢٨]دوو چوارچێوەشی بۆ گۆشەکانی دواوەی چادرەکەی پەرستن دروستکرد. [٢٩]لە خوارەوە جووت بوون و هەتا سەرەوە یەك بوون، هەتا بازنەکەی سەرەوە، بۆ هەردوو گۆشەکە ئاوای کرد. [٣٠]ئینجا هەشت چوارچێوە بوون و بنکە زیوەکانیشیان شازدە، هەر دوو بنکە لەژێر چوارچێوەیەك.

[٣١]پێنج کاریتەشی لە داری ئەکاسیا بۆ چوارچێوەکانی لایەکی چادرەکەی پەرستن دروستکرد، [٣٢]پێنج کاریتەش بۆ چوارچێوەکانی لایەکەی دیکەی چادرەکەی پەرستن، پێنج کاریتەش بۆ چوارچێوەکانی لای دواوەی چادرەکەی پەرستن لەلای ڕۆژئاوا. [٣٣]کاریتەکەی ناوەڕاستیشی وا دروستکرد بەنێو چوارچێوەکاندا تێبپەڕێت، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. [٣٤]چوارچێوەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد و بازنەکانیشی کە کاریتەکانی دەچنە ناو لە زێڕ دروستی کرد، کاریتەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد.

[٣٥]پەردەیەکیشی لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستکرد، بە دەستکردی جۆڵایەکی شارەزاش وێنەی کەڕووبەکانی لەسەر دروستکرد. [٣٦]چوار کۆڵەکەشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن، قولاپەکانیشیان لە زێڕ بوون. چوار بنکەی زیویشی بۆ داڕشتن. [٣٧]پەردەی دەروازەشی بۆ دەرگای چادرەکە لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستکرد، چنراو بە دەستکردی جۆڵایەك، [٣٨]پێنج کۆڵەکەکەی و قولاپەکانیشیان، سەرەکانی و ئەڵقەکانیشی بە زێڕ ڕووکەش کرد، پێنج بنکەکەشی لە بڕۆنز بوون.

## سندوقی پەیمان

٣٧ بەسەلئێلیش لە داری ئەکاسیا سندوقەکەی دروستکرد، درێژییەکەی دوو باڵ و نیو و پانییەکەی باڵ و نیوێك و بەرزییەکەی باڵ و نیوێك.[e] [٢]ڕووی ناوەوە و دەرەوەی بە تەواوی بە

[a] ١٥ سی باڵ: نزیکەی ١٣,٥ مەتر.

[b] ١٥ چوار باڵ: نزیکەی ١,٨ مەتر.

[c] ٢٠ چوارچێوەکان: بۆ ڕاگرتنی.

[d] ٢١ هەر چوارچێوەیەك: درێژییەکەی نزیکەی ٤,٥ مەتر و پانییەکەی ٧٠ سانتیمەتر. بڕوانە ١٦:٢٦.

[e] ١ سندوقەکە: درێژییەکەی نزیکەی ١,١ مەتر و پانییەکەی و بەرزاییەکەشی ٧٠ سانتیمەتر. بڕوانە ١٠:٢٥.

زێڕی بێگەرد ڕووکەش کرد و بە چواردەوریشیدا چوارچێوەی زێڕینی بۆ دروستکرد. [٣]چوار بازنەی زێڕینیشی بۆ داڕشت و لەسەر چوار پایەکەی دانا، دوو بازنە لەلایەك و دوو بازنەش لەلایەکەی دیکەی. [٤]دوو داریشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن. [٥]دوو دارەکەشی خستە ناو بازنەکانی سەر هەردوو لای سندوقەکە، بۆ هەڵگرتنی سندوقەکە.

[٦]قەپاغی کەفارەتیشی لە زێڕی بێگەرد دروستکرد کە دوو باڵ و نیو[a] درێژییەکەی و باڵ و نیوێك[b] پانییەکەی بوو. [٧]دوو کەڕوبی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، بە هەردوو لای قەپاغی کەفارەتی وەکرد. [٨]کەڕوبێکی لەلایەك دروستکرد و کەڕوبەکەی دیکەش لەلایەکەی دیکە، لەگەڵ قەپاغەکەی کەفارەت یەك پارچە دەبن. [٩]کەڕوبەکانیش باڵیان بۆ سەرەوە لێك کردبووەوە، بە باڵەکانیان سێبەریان بەسەر قەپاغی کەفارەتەکەوە کردبوو. کەڕوبەکان ڕووبەڕوو بوون و ڕوویان لە قەپاغی کەفارەتەکە بوو.

## مێزەکە

[١٠]مێزەکەشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد، درێژییەکەی دوو باڵ و پانییەکەی باڵێك و بەرزییەکەی باڵ و نیوێك بوو.[c] [١١]بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی کرد و چوارچێوەیەکی زێڕینیشی لە چواردەوری دروستکرد. [١٢]لێوارێکیشی بە پانی چوار پەنجە لە چواردەوری دروستکرد و چوارچێوەیەکی زێڕینیشی بۆ لێوارەکە لە دەوری دانا. [١٣]چوار بازنەی زێڕینیشی بۆ داڕشت، بازنەکانی لەسەر هەر چوار گۆشەکەی چوار پایەکەی دانا. [١٤]بازنەکان لەلای لێوارەکە بوونە گیرە بۆ دوو دار بۆ هەڵگرتنی مێزەکە. [١٥]دوو دارەکەشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن بۆ هەڵگرتنی مێزەکە. [١٦]قاپوقاچاغەکانی سەر مێزەکەش، لەگەن و قاپەکانی، هەروەها تاس و دۆلکەکانی کە پێیان دەڕژێنرێت بۆ شەرابی پێشکەشکراو لە زێڕی بێگەرد دروستی کردن.

## چرادانەکە

[١٧]چرادانەکەشی لە زێڕی بێگەرد دروستکرد، ژێر چرادانەکە و قەدەکەی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، کاسەکانی و گرێیەکانی و خونچەکانی لە خۆی بوون. [١٨]شەش لقیش لە هەردوو لایەوە دەرچووبوو، سێ لق چرادان لەلایەك و سێ لق چرادان لەلایەکەی دیکە. [١٩]سێ کاسەی بادەمی لە لقێك بە گرێ و خونچەوە و سێ کاسەی بادەمی لە لقێکی دیکە بە گرێ و خونچەوە، ئاوا هەتا لقی شەشەم کە لە چرادانەکەوە دەرچووبوون. [٢٠]هەروەها لە چرادانەکە چوار کاسەی بادەمی بە گرێ و خونچەکانیانەوە هەبوو. [٢١]هەر جووتێك لق لە شەش لقەکە گرێیەکیان لەژێر بوو، هەتا شەشەم لق کە لە چرادانەکە دەرچووبوو. [٢٢]گرێ و لقەکان لە خۆی بوون، هەمووشیان لە زێڕی بێگەردی کوتراو بوون.

[٢٣]حەوت چراشی بۆ دروستکرد، مەقاش و مەقەڵبیەکانیشی لە زێڕی بێگەرد بوون. [٢٤]چرادانەکە و هەموو کەلوپەلەکانی لە تالنتێك[d] زێڕی بێگەرد دروستکرد.

## قوربانگاکەی بخوور

[٢٥]قوربانگاکەی بخووریشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد، درێژییەکەی باڵێك[e] و پانییەکەی باڵێك، چوار گۆشە بوو، بەرزاییەکەشی دوو باڵ[f] بوو، قۆچەکانیش لە خۆی بوون. [٢٦]بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی کرد، سەرەوەی و دیوارەکانی بە چواردەوریدا لەگەڵ قۆچەکانی، هەروەها

[a] ٦ نزیکەی ١,١ مەتر.

[b] ٦ نزیکەی ٧٠ سانتیمەتر.

[c] ١٠ مێزەکە: درێژییەکەی نزیکەی ٩٠، پانییەکەی ٥٠ و بەرزییەکەی ٧٠ سانتیمەتر.

[d] ٢٤ تالنتێك: نزیکەی ٣٤ کیلۆگم.

[e] ٢٥ باڵێك: نزیکەی نیو مەتر.

[f] ٢٥ دوو باڵ: نزیکەی ٩٠ سانتیمەتر.

چوارچێوەیەکی زێڕینیشی بە چواردەوردا بۆ دروستکرد. [٢٧]دوو ئەڵقەی زێڕینیشی بۆ دروستکرد، لەژێر چوارچێوەکەیەوە، لەسەر هەردوو لایەکەی، بوونە گیرە بۆ دوو دار بۆ ئەوەی پێیان هەڵبگیرێت. [٢٨]دوو دارەکەشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد و بە زێڕ ڕووکەشی کردن.

[٢٩]زەیتی پیرۆزیان بۆ دەستنیشانکردن دروستکرد، بخوورەکەشیان بۆنخۆش و بێگەرد دروستکرد، کە دەستکردی عەتار بوون.

## قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن

٣٨ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنیشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد، درێژییەکەی پێنج باڵ[a] و پانییەکەی پێنج باڵ بوو، قوربانگاکە چوارگۆشە بوو، بەرزاییەکەشی سێ باڵ[b] بوو. [٢]قۆچەکانیشی لەسەر هەر چوار گۆشەکەی بوون، قۆچەکان لە خۆی بوون و بە بڕۆنز ڕووکەشی کرد. [٣]هەموو قاپوقاچاغی قوربانگاکەشی دروستکرد، تەشت و خاکەناز و تاس و چەنگاڵ و مەقەڵییەکان، هەموو قاپوقاچاغەکەی لە بڕۆنز دروستکرد. [٤]کەتیبەیەکیشی بۆ قوربانگاکە دروستکرد، وەك تۆڕێکی بڕۆنز، لەژێر لێوارەکەی داینا، لە خوارەوە هەتا ناوەڕاست. [٥]چوار ئەڵقەشی لە هەر چوار لای کەتیبە بڕۆنزییەکە داڕشت، وەك گیرە بۆ دوو دار. [٦]دوو دارەکەشی لە داری ئەکاسیا دروستکرد و بە بڕۆنز ڕووکەشی کردن. [٧]دوو دارەکەی خستە ناو ئەڵقەکانەوە، لە هەردوو لای قوربانگاکەوە، بۆ ئەوەی بەوان هەڵیبگرن، قوربانگاکەشی لە تەختە دروستکرد و ناوەکەی بۆش بوو.

## حەوزەکەی شوشتن

[٨]حەوزەکەشی لە بڕۆنز دروستکرد و ژێرەکەشی لە بڕۆنز بوو، لە ئاوێنە بڕۆنزییەکانی ئەو ئافرەتە خزمەتکارانەی لەلای دەروازەکەی چادری چاوپێکەوتن خزمەتیان دەکرد.

## حەوشەکە

[٩]حەوشەی چادرەکەی پەرستنیشی لەلای باشوور دروستکرد، پەردەکانی حەوشەکەش لە کەتانی ڕستراو بوون بە درێژی سەد باڵ[c]. [١٠]کۆڵەکەکانیشی بیست دانە و بیست بنکەی بڕۆنزیشی هەبوو. قولاپی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە زیو بوون. [١١]بەلای باکووریش سەد باڵ، کۆڵەکەکانیشی بیست دانە و بیست بنکەی بڕۆنزیشی هەبوو. قولاپی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانیشی لە زیو بوون.

[١٢]بەلای ڕۆژئاواش پەردەکان پەنجا باڵ[d] بوون، کۆڵەکەکانیش دە دانە و بنکەکانیش دە، قولاپی کۆڵەکەکان و ئەڵقەکانی لە زیو بوون. [١٣]لەلای ڕۆژهەڵاتیش ڕووەو خۆر هەڵات پەنجا باڵ. [١٤]چەند پەردەیەکیش بۆ لایەکی جێگای چوونە ژوورەوەی حەوشەکە بە درێژی پازدە باڵ[e]، کۆڵەکەکانی سێ و بنکەکانیش سێ بوون. [١٥]بۆ لایەکەی دیکەی چوونە ژوورەوەی حەوشەکەش چەند پەردەیەك بە درێژایی پازدە باڵ، کۆڵەکەکانی سێ و بنکەکانیشی سێ بوون. [١٦]هەموو پەردەکانی حەوشەکەش بە چواردەوریدا لە کەتانی ڕستراو بوون. [١٧]هەموو بنکەکانی کۆڵەکەکانیش لە بڕۆنز بوون، قولاپی کۆڵەکە و ئەڵقەکانیان لە زیو بوون، سەرەکانیان بە زیو ڕووکەش کرابوون، هەموو کۆڵەکەکانی حەوشەکە بە ئەڵقەی زیو پێکەوە بەسترابوون.

[١٨]پەردەی دەروازەش بۆ دەرگای حەوشەکە، لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو بە دەستکردی جۆلایەك چنرابوو، درێژییەکەی بیست باڵ[f] و بەرزییەکەی بە پانی پێنج باڵ[g]

---

[a] ١ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[b] ١ سێ باڵ: نزیکەی ١,٤ مەتر.

[c] ٩ سەد باڵ: نزیکەی ٤٦ مەتر.

[d] ١٢ پەنجا باڵ: نزیکەی ٢٣ مەتر.

[e] ١٤ پازدە باڵ: نزیکەی ٦,٩ مەتر.

[f] ١٨ بیست باڵ: نزیکەی ٩ مەتر.

[g] ١٨ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

هەروەك پەردەکانی حەوشەکە. [١٩]کۆڵەکەکانیشی چوار و بنکەکانیشی چوار بوون کە ئەوانیش لە بڕۆنز بوون، قولاپەکانی لە زیو بوون، سەرەکانی ڕووکەش کرابوون، ئەڵقەکانی لە زیو بوون. [٢٠]هەموو سنگەکانی چادرەکەی پەرستن و حەوشەکە بە چواردەوریدا لە بڕۆنز بوون.

## بەکارهێنانی کانزا بەخشراوەکان

[٢١]ئەمەش بڕی کانزاکانی چادرەکەی پەرستنە، چادری پەیمان، بەپێی فەرمانی موسا لەلایەن لێڤییەکان تۆمارکرا، بە سەرپەرشتی ئیتاماری کوڕی هارونی کاهین. [٢٢]بەسەلئێلی کوڕی ئوری کوڕی حووریش کە لە هۆزی یەهودایە، هەموو ئەو شتانەی یەزدان فەرمانی بە موسا کرد جێبەجێی کرد، [٢٣]ئۆهۆلیئابی کوڕی ئەحیساماکی لەگەڵ بوو کە لە هۆزی دانە، نەخشێنەر و داهێنەر و جۆلا لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ناسك. [٢٤]هەموو ئەو زێڕەی بەکارهێنرا بۆ هەموو کارەکانی پیرۆزگا، زێڕی بەخشراو بوو وەك قوربانی بەرزکردنەوە، بیست و نۆ تالنت و حەوت سەد و سی شاقل[a] بە شاقلی پیرۆزگا.

[٢٥]زیوی سەرژمێرکراوەکانی کۆمەڵەکەش، سەد تالنت و هەزار و حەوت سەد و حەفتا و پێنج شاقل[b] بە شاقلی پیرۆزگا. [٢٦]نیوە بۆ هەر سەرێك، نیو شاقل[c] بە شاقلی پیرۆزگا بۆ هەرکەسێك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە سەرژمێر کرابێت، بۆ شەش سەد و سێ هەزار و پێنج سەد و پەنجا کەس. [٢٧]سەد تالنتیش لە زیوەکە[d] بۆ داڕشتنی بنکەکانی پیرۆزگا و بنکەکانی پەردەکە[e] بەکارهات، سەد بنکە بۆ سەد کێش، کێشێك بۆ بنکەیەك. [٢٨]هەزار و حەوت سەد و حەفتا و پێنج شاقلەکەش قولاپی لێ دروستکرا و سەری کۆڵەکەکانی پێ ڕووکەش کرا، هەروەها ئەڵقە پێکەوەی بەستنی لێ دروستکرا.

[٢٩]بڕۆنزە بەخشراوەکەش وەك قوربانی بەرزکردنەوە، حەفتا تالنت و دوو هەزار و چوار سەد شاقل[f] بوو، [٣٠]بەویش بنکەکانی دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و قوربانگا بڕۆنزییەکە و کەتیبە بڕۆنزییەکەی و هەموو قاپوقاچاغەکانی قوربانگاکە دروستکران، [٣١]هەروەها بنکەکانی حەوشەکە بە چواردەوریدا و بنکەکانی دەروازەی حەوشەکە و هەموو سنگەکانی چادرەکەی پەرستن و هەموو سنگەکانی حەوشەکە بە چواردەوریدا.

## جلوبەرگی کاهینێتی

٣٩ لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ جلوبەرگی چنراویان دروستکرد بۆ خزمەت لە پیرۆزگا، جلوبەرگە پیرۆزەکەشیان بۆ هارون دروستکرد، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

## ئێفۆدەکە

[٢]ئێفۆدەکەیان لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو دروستکرد. [٣]پارچە زێڕیشیان کوتی هەتا باریکیان کردەوە و وەك داو بڕییان بۆ ئەوەی لەناو ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ناسك بە دەستکردی داهێنەر بەکاریبهێنن. [٤]دوو شانی لە یەك بەستراویشیان بۆ دروستکرد، بە هەردوو لایەوە بەسترابوون. [٥]پشتبەستی ئێفۆدەکە کە لەسەریەتی، لە هەمان پارچە و هەمان دەستکرد بوو، لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو بوو، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٦]دوو بەردی عاشقبەندیشیان چەسپ کرد، دەوردراو بە چوارچێوەی زێڕین، نەخشێنراو وەك

[a] ٢٤ بیست و نۆ تالنت و حەوت سەد و سی شاقل: نزیکەی تەنێکی زێڕ دەبوو.

[b] ٢٥ کەمێك زیاتر لە ٣,٤ تەن زیو دەبوو.

[c] ٢٦ نیو شاقل: نزیکەی ٥,٥ گرام.

[d] ٢٧ سەد تالنتیش لە زیوەکە: نزیکەی سێ هەزار و چوار سەد کیلۆگرامی زیو دەبوو.

[e] ٢٧ پەردەکە: بڕوانە ٣١:٢٦.

[f] ٢٩ حەفتا تالنت و دوو هەزار و چوار سەد شاقل: نزیکەی ٢٤٠٠ کیلۆگرام.

نەخشی ئەنگوستیلە بەپێی ناوی کوڕەکانی ئیسرائیل.
[٧]دوو بەردەکەشی خستە سەر دوو شانی ئێفۆدەکە، دوو بەردی یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

### بەرسینەکە

[٨]بەرسینەکەشی وەك دەستکردی ئێفۆدەکە بە دەستی وەستای کارامە دروستکرد، لە زێڕ و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراو. [٩]بەرسینەکەیان چوارگۆشە و دووبەر دروستکرد، درێژییەکەی بستێك[a] و پانییەکەی بستێك. [١٠]بە چوار ڕیز بەرد ڕازاندیانەوە، لە ڕیزی یەکەم یاقووت[b] لەگەڵ یاقووتی زەرد و زمروودی سەوز؛ [١١]ڕیزی دووەم بەردە پیرۆزە و یاقووتی شین و زمروود؛ [١٢]ڕیزی سێیەم یاقووتی زەعفەرانی و کریستاڵی هەورین و جەمشت؛ [١٣]ڕیزی چوارەمیش زەبەرجەد و بەردی عاشقبەند و یەشب. بە چوارچێوەی زێڕینیش ڕازاندبوویەوە. [١٤]بەردەکانیش دوازدە بوون وەك ناوی کوڕەکانی ئیسرائیل بەپێی ناوەکانیان، وەك نەخشی ئەنگوستیلە هەریەکە بەپێی ناوەکەی بوو بۆ دوازدە هۆز.

[١٥]بۆ بەرسینەکەش زنجیرەی هۆنراوەی لە زێڕی بێگەرد دروستکرد، وەك گوریس. [١٦]دوو چوارچێوەی زێڕین و دوو ئەڵقەی زێڕینیشیان دروستکرد، ئەڵقەکانیان لەسەر هەردوو لای بەرسینەکە دانا. [١٧]دوو زنجیرە زێڕینەکەشیان خستە ناو دوو ئەڵقەکەی سەر هەردوو لای بەرسینەکە. [١٨]هەردوو سەرەکەی دیکەی دوو زنجیرەکەشیان خستە ناو دوو چوارچێوەکە و لەسەر شانەکانی ئێفۆدەکەیان دانا بۆ پێشەوەی. [١٩]دوو ئەڵقەی زێڕینیشیان دروستکرد و لەسەر هەردوو لای بەرسینەکەیان دانا، لەسەر لێوارەکەی کە بە دیوی ئێفۆدەکەیە بۆ ژوورەوە. [٢٠]دوو ئەڵقەی زێڕینیشیان دروستکرد و لەسەر هەردوو شانی ئێفۆدەکە دایاننان، لە خوارەوە بە دیوی ڕووەکەی، لە نزیك بەیەکبەستنەوەکەی لە سەرووی پشتبەستی ئێفۆدەکە. [٢١]بەرسینەکەشیان بە دوو ئەڵقەکەیەوە لە دوو ئەڵقەی ئێفۆدەکە بەست، بە داوێك لە ڕیسی مۆر، بۆ ئەوەی لەسەر پشتبەستی ئێفۆدەکە بێت تاوەکو بەرسینەکەش لە ئێفۆدەکە نەکرێتەوە، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

### جلوبەرگی دیکەی کاهینییەتی

[٢٢]کەوای ئێفۆدەکەش دەستکردی چنراو بوو، هەموویان لە ڕیسی مۆر دروستکرد. [٢٣]کونی سەریشی لەناوەڕاستی کەواکەدا دەبێت وەك کونی یەخەی کراس، بەنێکیش بە دەوروپشتی کونەکەدا بۆ ئەوەی نەدڕێت. [٢٤]لەسەر دامێنی کەواکەش گوڵینگی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ و کەتانی ڕستراویان دروستکرد، [٢٥]زەنگوڵەشیان لە زێڕی بێگەرد دروستکرد. زەنگوڵەکانیان خستە نێوان گوڵینگەکانی سەر دامێنی کەواکە. [٢٦]لەنێو هەردوو گوڵینگێك زەنگوڵەیەك لەسەر دامێنی کەواکە بە دەوریدا بوو کە بۆ خزمەتکردن لەبەر دەکرێت، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٢٧]هەروەها کراسیان لە کەتانی ناسك بۆ هارون و کوڕەکانی دروستکرد، بە دەستکردی چنراو. [٢٨]مێزەرەکەش لە کەتانی ناسك بوو، گوڵینگەکانی سەرپێچەکانیش لە کەتان ناسك، دەرپێکانیشیان لە کەتانی ناسکی ڕستراو بوون. [٢٩]کەمەربەندەکەش لە کەتانی ڕستراو و ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری ئاڵ بە دەستکردی جۆڵا چنرابوو، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٣٠]پلێتی تاجەگوڵینە پیرۆزەکەشیان لە زێڕی بێگەرد دروستکرد و وەك نەخشی ئەنگوستیلە لەسەری هەڵیانکەند: «پیرۆزی بۆ یەزدان.» [٣١]هەروەها خستیانە سەر داوێکی مۆر بۆ ئەوەی لەسەر مێزەرەکە دابنرێت، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

---

[a] ٩ بستێك: نزیکەی ٢٢ سەنتیمەتر.

[b] ١٠ یاقووت: گەوهەری سووری تێر.

## موسا تەماشای چادرەکەی پەرستن دەکات

[٣٢]ئیتر هەموو کاری چادری پەرستن کە چادری چاوپێکەوتنە تەواو بوو، نەوەی ئیسرائیل بەو شێوەیەیان کرد کە یەزدان فەرمانی بە موسا کردبوو. [٣٣]ئینجا چادرەکەی پەرستنیان هێنایە لای موسا، چادرەکە و هەموو کەلوپەلەکانی و فاق و چوارچێوە و کاریتە و کۆڵەکە و بنکەکانی؛ [٣٤]پۆشەرەکەش کە لە پێستی بەرانی ڕەنگکراو بە ڕەنگی سوور و پۆشەرەکەی لە پێستی مانگای دەریا و پەردەکەی شوێنی هەرەپیرۆز؛ [٣٥]سندوقی پەیمان و دارەکانی و قەپاغی کەفارەت؛ [٣٦]مێزەکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و نانی تەرخانکراو بۆ خودا؛ [٣٧]چرادانەکەش کە لە زێڕی بێگەرد بوو لەگەڵ چراکانی، چراکانی کە لەسەری بوون و هەموو قاپوقاچاغەکانی و زەیت بۆ ڕووناکی؛ [٣٨]قوربانگا زێڕینەکە و زەیتی دەستنیشانکردن و بخووری بۆنخۆش و پەردەی دەروازەی چادرەکە؛ [٣٩]قوربانگا بڕۆنزییەکە و کەتیبە بڕۆنزییەکەی، دوو دارەکەی و هەموو قاپوقاچاغەکەی و حەوزەکە و ژێرەکەی؛ [٤٠]پەردەکانی حەوشە و کۆڵەکە و بنکەکانی و پەردەی دەروازەی حەوشەکە و گوریس و سنگەکانی و هەموو کەلوپەلی خزمەتی چادری پەرستن کە چادری چاوپێکەوتنە؛ [٤١]جلوبەرگە چنراوەکانی خزمەتکردن لە پیرۆزگا، جلوبەرگە پیرۆزەکەی هارونی کاهین و جلوبەرگی کوڕەکانی بۆ کاهینیێتی.

[٤٢]وەك هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، نەوەی ئیسرائیل ئاوا هەموو کارەکەیان کرد. [٤٣]موسا تەماشای هەموو کارەکەی کرد و بینی وا وەك ئەوەی یەزدان فەرمانی دا ئاوایان کردووە، ئیتر موسا داوای بەرەکەتی بۆ کردن.

## هەڵدانی چادرەکەی پەرستن

٤٠ یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لە یەکی مانگی یەکەم، چادری پەرستن کە چادری چاوپێکەوتنە هەڵبدە. [٣]سندوقی پەیمانی تێدا دابنێ، سندوقەکە بە پەردەکە داپۆشە. [٤]مێزەکەش بە ژوورەوە و بە جوانی ڕێکی بخە، هەروەها چرادانەکەش بە ژوورەوە و چراکانی بەرز بکەوە. [٥]قوربانگا زێڕینەکەش کە بۆ بخوورە لەبەردەم سندوقی پەیمان دایبنێ، پەردەی دەروازە بۆ چادرەکەی پەرستن دابنێ.

[٦]«قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنیش لەبەردەم دەروازەی چادری چاوپێکەوتن دانێ لەناو چادری پەرستن. [٧]حەوزەکەش لەنێوان چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکە دابنێ و ئاوی تێبکە. [٨]حەوشەکە لە چواردەوری دابنێ و پەردەی دەروازەی حەوشەکەش دانێ.

[٩]«زەیتی دەستنیشانکردنەکە ببە و چادرەکەی پەرستن و هەموو ئەوەی تێیدایە پێی دەستنیشان بکە، خۆی و هەموو کەلوپەلەکانی تەرخان بکە و پیرۆز دەبێت. [١٠]پاشان قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکەی دەستنیشان بکە، قوربانگاکە تەرخان بکە و دەبێتە هەرەپیرۆز. [١١]حەوزەکەش لەگەڵ ژێرەکەی دەستنیشان بکە و تەرخانی بکە.

[١٢]«هارون و کوڕەکانیش بهێنە پێشەوە بۆ دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بە ئاو بیانشۆ. [١٣]ئینجا جلوبەرگە پیرۆزەکە لەبەر هارون بکە، دەستنیشانی بکە و تەرخانی بکە بۆ ئەوەی کاهینیێتیم بۆ بکات. [١٤]کوڕەکانیشی بهێنە پێشەوە و کراسەکانیان لەبەر بکە، [١٥]دەستنیشانیان بکە هەروەك چۆن باوکیانت دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی کاهینیێتیم بۆ بکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەبێت هەتا دەستنیشانکردنەکەیان بۆیان ببێتە کاهینیێتی هەتاهەتایی لە نەوەکانیان.» [١٦]موساش بەم جۆرەی کرد هەروەك هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ کرد، ئاوای کرد.

[١٧]لە یەکی مانگی یەکەمینی ساڵی دووەم چادرەکەی پەرستن هەڵدرا. [١٨]موسا چادرەکەی پەرستنی هەڵدا، بنکەکانی دانا و چوارچێوەکانی دانا، کاریتەکانی دانا و کۆڵەکەکانی ڕاگرت. [١٩]ڕەشماڵەکەی بەسەر چادری پەرستندا هەڵدا و لە سەرەوە پۆشەری

چادرەکەی بەسەریدا دا، هەروەك یەزدان فەرمانی پێ کرد.

[٢٠] تەختەکانی پەیمانی برد و خستییە ناو سندوقەکە، دارەکانی خستە سەر سندوقەکە و قەپاغی کەفارەتی لەسەر سندوقەکە دانا. [٢١] ئینجا سندوقەکەی هێنایە ناو چادرەکەی پەرستن و پەردەکەی شوێنی هەرەپیرۆزی دانا و سندوقی پەیمانی داپۆشی، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٢٢] مێزەکەی لەناو چادری چاوپێکەوتن دانا، لەلای باکووری چادرەکەی پەرستن لە دەرەوەی پەردەکە. [٢٣] نانی بەردەم یەزدانیشی بە ڕێکی لەسەری ڕێکخست، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٢٤] چرادانەکەشی لەناو چادری چاوپێکەوتن دانا لە بەرامبەر مێزەکە لەلای باشووری چادرەکەی پەرستن. [٢٥] چراکانی بەرزکردەوە بۆ بەردەم یەزدان، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٢٦] قوربانگا زێڕینەکەشی لەناو چادری چاوپێکەوتن لەبەردەم پەردەکە دانا و [٢٧] بخووری بۆنخۆشی لەسەر سووتاند، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد. [٢٨] پەردەی دەروازەشی بۆ چادرەکەی پەرستن دانا.

[٢٩] قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنیشی لەلای دەرگای چادری چاوپێکەوتن دانا لەناو چادری پەرستن و قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی دانەوێڵەی سەرخستە سەری، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٣٠] حەوزەکەشی لەنێوان چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکەدا دانا و ئاوی تێکرد بۆ شوشتن، [٣١] بۆ ئەوەی موسا و هارون و کوڕەکانی دەست و پێیانی لێ بشۆن. [٣٢] لە کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن و لە نزیکبوونەوەیان لە قوربانگاکە دەیشۆن، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٣٣] حەوشەکەشی لە دەوری چادرەکەی پەرستن و قوربانگاکە دامەزراند و پەردەی دەروازەی حەوشەکەی دانا. ئیتر موسا کارەکەی تەواو کرد.

## شکۆمەندی یەزدان

[٣٤] ئینجا هەورێك چادری چاوپێکەوتنی داپۆشی و شکۆمەندی یەزدان چادرەکەی پەرستنی پڕکرد. [٣٥] لەبەر ئەوە موسا نەیتوانی بچێتە ژوورەوە بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن، چونکە هەور هاتە سەری و شکۆمەندی یەزدان چادرەکەی پەرستنی پڕکرد.

[٣٦] بە درێژایی ماوەی کۆچەکەیان، هەر کاتێك هەورەکە لەسەر چادرەکە بەرز دەبووەوە، نەوەی ئیسرائیل بەڕێ دەکەوتن. [٣٧] بەڵام ئەگەر هەورەکە بەرزنەبووایەوە، کۆچیان نەدەکرد هەتا ڕۆژی بەرزبوونەوەی، [٣٨] چونکە هەوری یەزدان بە ڕۆژ لەسەر چادرەکەی پەرستن بوو، بە شەویش ئاگری تێدابوو، لەبەرچاوی هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل لە هەموو کۆچەکانیان.

# لێڤییەکان

## سێیەم پەڕتووکی موسا

### (ڕێنمایی بۆ پەرستنی خودا و ژیانێکی پیرۆز)

**کورتە باسێك**

**خودای پیرۆز گەلەکەی خۆی پیرۆز کرد، بۆ پیرۆزبوون بانگی کردن، هەروەها پێشکەشکردنی کەفارەت لە ڕێگای خوێنەوە.**

پەڕتووکی لێڤییەکان بەشێکە لە تەورات، شەریعەتی موسا، نەریت و شێوازی قوربانییەکان فێری گەلی خودا دەکات، هەروەها بە وردی باسی بۆنە و جەژنەکانی کردووە. وشەکانی خودا بۆ موسا هات کە هێشتا گەلی خودا لە شاخی سینا لە چادردا دەژیان، لە خاکی میسر هاتبوونە دەرەوە. خودا بە تایبەتی لەسەر پیرۆزی دەدوێت. ئەو وشەیەی نزیکەی سەد و بیست جار لەم پەڕتووکە هاتووە، پیشانمان دەدات کە خودا پیرۆزە (٢:١٩). خودا خاك و خەڵکەکەشی پیرۆز کرد.

بابەتی سەرەکی پەڕتووکەکە پلانی خودایە بۆ لێخۆشبوونی گوناه بە پێشکەشکردنی قوربانی و ڕشتنی خوێنی قوربانییەکە. ڕشتنی خوێنی قوربانی و پێشکەشکردنی وەك قوربانی. ئەو شێوازەی کەفارەت تەنها هێمایەکە بۆ قوربانییە گەورەکە کە بە لەخاچدانی عیسای مەسیح و ڕشتنی خوێنەکەی هاتە دی لە پێناوی کەفارەتی گوناهەکان، ئەمە جارێك بوو بۆ هەتاهەتایە لە پێناوی گوناهی ڕەگەزی مرۆڤایەتی. هەروەها ئەم پەڕتووکە گرنگی ئەوەشی دەرخستووە کە شێوازی دیاریکراوی تایبەت بە خواپەرستی هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی گەلی خودا لەو سەردەمەدا بگونجێ.

### قوربانی سووتاندن

١ یەزدان موسای بانگکرد و لە چادری
چاوپێکەوتن قسەی لەگەڵ کرد و فەرمووی:
٢«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێك
یەکێك لە ئێوە قوربانییەکی لە ئاژەڵ بۆ یەزدان
پێشکەش کرد، لە گاگەل و لە مێگەل قوربانییەکانتان
پێشکەش بکەن.
٣«”ئەگەر قوربانییەکەی قوربانی سووتاندن[a]
لە گاگەل بێت، ئەوا نێری ساغ پێشکەش دەکات و
دەیهێنێتە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، بۆ
ئەوەی مایەی ڕەزامەندی یەزدان بێت، ٤دەستی
لەسەر سەری قوربانی سووتاندنەکە دادەنێت و
بۆ کەفارەتی[b] لێی وەردەگیرێت. ٥جوانەگاکەش[c]
لەبەردەم یەزدان سەردەبڕێت، نەوەی هارون کە
کاهینەکانن، خوێنەکە دەهێنن و بەسەر هەموو
لایەکی ئەو قوربانگایەدا دەیپرژێنن کە لەلای
دەروازەکەی چادری چاوپێکەوتنە. ٦قوربانی
سووتاندنەکە کەوڵ دەکات و پارچەپارچەی دەکات،
٧نەوەی هارونی کاهین ئاگرێك لەسەر قوربانگاکە
دەکەنەوە و دار لەسەر ئاگرەکە ڕێك دەخەن.
٨نەوەی هارونیش کە کاهینەکانن پارچەکانی لەگەڵ

---

[a] ٣ قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی (بڕوانە بەشی ٣) بەردەوام پێشکەش دەکران، هەموو ڕۆژێك، دووپاتکردنەوە و یادکردنەوەی ئامادەبوونی یەزدان بوو لەگەڵ گەلەکەی. بەڵام تایبەتمەندێتی قوربانی سووتاندن لەوەدا بوو، کە هەموو قوربانییەکە پێشکەش بە یەزدان دەکرا.

[b] ٤ ئەم قوربانییەی کە تووڕەیی خودا لادەدات.

[c] ٥ لەو کاتەوە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێ دەڵێن (نۆبەن) یان (جوانەگا).

سەرەکەی و ئەو پیوەی[a] لەسەر دارەکانی سەر ئاگری سەر قوربانگاکەیە ڕێکی دەخەن. ٩ هەناو و قاچەکانی بە ئاو دەشۆن و کاهینەکە هەموویان لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێت. قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.[b]

١٠ «”ئەگەر قوربانییەکەی لە ماڵات بوو، بەران یان گیسك، قوربانی سووتاندن بوو، ئەوا نێر و ساغ پێشکەش دەکات. ١١ لەلای قوربانگاکە ئەوەی بەلای باکووره لەبەردەم یەزدان سەری دەبڕێت. نەوەی هارونیش کە کاهینەکانن خوێنەکەی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا دەپرژێنن. ١٢ پارچەپارچەی دەکات و لەگەڵ سەرەکەی و پیوەکەی، کاهینەکەش لەسەر دارەکانی سەر ئاگری سەر قوربانگاکە ڕێکی دەخات. ١٣ هەناو و قاچەکانی بە ئاو دەشوات و کاهینەکە هەموویان پێشکەش دەکات و لەسەر قوربانگاکە ئاگریان تێبەردەدات. ئەوەش قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.

١٤ «”ئەگەر قوربانییەکەشی بۆ یەزدان لە باڵندە بێت و قوربانی سووتاندن بێت، ئەوا قوربانییەکەی لە کوکوختی یان لە بێچووە کۆتر پێشکەش دەکات. ١٥ کاهینەکەش بۆ قوربانگاکەی دەهێنێت و سەری دەقرتێنێت، لەسەر قوربانگاکە ئاگر دەکاتەوە، خوێنەکەی لەسەر لێواری قوربانگاکە دەگوشێت. ١٦ چیکڵدانەکەی[c] بەوەش کە لەناویەتی لێیدەکاتەوە و فڕێیدەداتە لای ڕۆژهەڵاتی قوربانگاکە بۆ شوێنی خۆڵەمێشەکە. ١٧ لەنێوان باڵەکانیەوە کەرتی دەکات، تەواو لێکی ناکاتەوە، ئینجا کاهینەکە لەسەر قوربانگا لەسەر ئەو دارانەی لەسەر ئاگرەکەیە دەیسووتێنێت، قوربانی سووتاندنە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.

## پێشکەشکردنی دانەوێڵە

٢ «”ئەگەر یەکێك پێشکەشکراوی دانەوێڵەی بۆ یەزدان هێنا، دەبێت پێشکەشکراوەکەی لە باشترین ئارد بێت و زەیتی بەسەردا دەکات و بخووری سادەشی دەخاتە سەر و ٢ بۆ نەوەی هارون دەیهێنێت کە کاهینەکانن. کاهینەکەش پڕ بە مستی خۆی مستێك لە ئاردەکە و زەیتەکەی لەگەڵ هەموو بخوورەکەی دەبات. کاهینەکە وەك یادەوەری لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، ٣ ئەوەی لە دانەوێڵەکەش دەمێنێتەوە بۆ هارون و کوڕەکانییەتی، ئەوە بەشی هەرەپیرۆزە لە قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان.

٤ «”ئەگەر پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەی بە تەنوور برژاوت هێنا، دەبێت کولێرەی فەتیرەی بە زەیت شێلراو و ناسکە نانی[d] فەتیرەی بە زەیت چەورکراو بێت. ٥ ئەگەر پێشکەشکراوەکەت دانەوێڵەی سەر ساج بێت، دەبێت لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراوی فەتیرە بێت، ٦ پارچەپارچەی دەکەیت و زەیتی بەسەردا دەکەیت، ئەوە پێشکەشکراوی دانەوێڵەیە. ٧ ئەگەر پێشکەشکراوەکەت دانەوێڵەی ناو تاوە بێت، لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو دەیکەیت. ٨ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەت لەمانە دروستدەکرێت و بۆ یەزدان دەیهێنیت، دەیدەیتە کاهینەکە و ئەویش بۆ لای قوربانگاکەی دەهێنێت. ٩ کاهینەکەش لە پێشکەشکراوە دانەوێڵەکە بەشی یادەوەرییەکەی دەبات و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە. ١٠ ئەوەی لە دانەوێڵەکەش دەمێنێتەوە بۆ هارون و کوڕەکانییەتی، ئەوە بەشی هەرەپیرۆزە لە قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان.

١١ «”هەموو ئەو دانەوێڵە پێشکەشکراوانەی بۆ

[a] ٨ پیوەکەی: واتە بەزەکەی.

[b] ٩ قوربانی سووتاندن دیارییەکی بەردەوام بوو بۆ یەزدان، کە لە مێژوودا پێی دەگوترا خواردنە بۆ یەزدان، بۆ بۆنکردن و خواردن. هەرچەندە لە ڕاستیدا ئەمەش بە شێوەیەکی بڵاو ناسراو بووە وەك دانانی سیفەتەکانی مرۆڤ بۆ خودا. بڕوانە زەبوورەکان ٥٠:٧-١٥.

[c] ١٦ چیکڵدان: جیقڵدان.

[d] ٤ ناسکە نان: ناوەشکێنە.

یەزدانی دەبەن، نابێت بە هەویرترش[a] بێت، چونکە هیچ شتێکی بە هەویرترش و هیچ هەنگوینێك وەك قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان نابێت بسووتێنن. [١٢]دەتوانن وەك یەکەمین بەرهەمتان پێشکەش بە یەزدانی بکەن، بەڵام لەسەر قوربانگاکە پێشکەش ناکرێت وەك بۆنی خۆشی. [١٣]هەموو پێشکەشکراوەکانت لە دانەوێڵە بە خوێ سوێری دەکەیت و با هیچ دانەوێڵەیەکت بەبێ خوێی[b] پەیمانی خودات نەبێت. بۆ هەموو قوربانییەکانت خوێی پێوە دەکەیت.

[١٤]«”ئەگەر دانەوێڵەت بۆ یەزدان پێشکەش کرد، دانەوێڵەی یەکەمین بەرهەمەکانت پێشکەش دەکەیت، دەبێت گوڵەکەی بێت و برژا بێت، کوتراوە و پاککراوە بێت. [١٥]زەیتی بەسەردا دەکەیت و بخووری سادەی لەسەر دادەنێیت، ئەوە پێشکەشکراوی دانەوێڵەیە. [١٦]کاهینیش بەشی یادەوەرییەکەی لە کوتراوەکەی و زەیتەکەی و هەموو بخوورەکەی دەسووتێنێت وەك قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان.

## قوربانی بۆ پێکەوە ژیان

٣ «”ئەگەر قوربانییەکەی قوربانی هاوبەشی[c] بوو، لە گاگەل پێشکەشی کرد، نێر یان مێ دەبێت ساغ بێت و بیهێنێتە بەردەم یەزدان. [٢]دەستی لەسەر سەری قوربانییەکەی دادەنێت و لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن سەری دەبڕێت. نەوەی هارون کە کاهینەکانن، خوێنەکەی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا دەپرژێنن. [٣]لە قوربانی هاوبەشیش قوربانی بە ئاگر پێشکەشی یەزدان دەکرێت، ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناو و [٤]دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە، هەروەها ئەو پیوەی لەسەر جگەرەکەیە و دوو گورچیلەکە لێ دەکاتەوە. [٥]نەوەی هارونیش لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنن، لەسەر ئەو قوربانی سووتاندنەی لەسەر دارەکانی سەر ئاگرەکەیە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.

[٦]«”ئەگەر قوربانییەکەی لە مەڕومالات بوو، قوربانی هاوبەشی بۆ یەزدان، نێر یان مێی ساغ پێشکەش دەکات. [٧]ئەگەر قوربانییەکەی بەرخ بوو، لەبەردەم یەزدان پێشکەشی دەکات. [٨]دەستی لەسەر سەری قوربانییەکەی دادەنێت و لەبەردەم چادری چاوپێکەوتن سەری دەبڕێت و نەوەی هارون خوێنەکەی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا دەپرژێنن. [٩]لە قوربانی هاوبەشییەکەش پیوەکەی وەك قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش دەکرێت. دوگەکەی[d] بە تەواوی لەلای دوا بڕبڕەی پشتەوە لێ دەکاتەوە لەگەڵ ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی بەسەر هەناویەوەیە، [١٠]لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە و ئەو پیوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە لێی دەکاتەوە. [١١]کاهینەکەش وەك خواردن لەسەر قوربانگا دەیانسووتێنێت، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان.

[١٢]«”ئەگەر قوربانییەکەشی گیسك بوو، نێر یان مێ، لەبەردەم یەزدان پێشکەشی دەکات، [١٣]دەستی لەسەر سەری دادەنێت و لەبەردەم چادری چاوپێکەوتن سەری دەبڕێت. نەوەی هارون خوێنەکەی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا دەپرژێنن، [١٤]لەوەوە قوربانی بە ئاگرەکەی بۆ یەزدان پێشکەش دەکرێت. ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناوەکەیە، [١٥]لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر

---

[a] ١١ هەویرترش: لە جیاتی خومرە بۆ هەوێن بەکارهاتووە.

[b] ١٣ وەك لە کوردەواریش باوە نمەککردنی کەسێك واتای پەیمان بەستنە لەگەڵ ئەو کەسە، خوێیەکەش نیشانەی ئەو پەیمانەیە.

[c] ١ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

[d] ٩ دوگ یان دونگ.

ناوقەدە و ئەو پیوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە لێی دەکاتەوە، ١٦ کاهینەکەش وەك خواردن لەسەر قوربانگا دەیانسووتێنێت. قوربانی بە ئاگرە، بۆنی خۆشییە، هەموو پیوەکە هی یەزدانە.

١٧ «”ئەمە فەرزێکی هەتاهەتاییە نەوە دوای نەوە لە هەموو نشینگەکانتاندا، نە پیو و نە خوێن مەخۆن.“»

## قوربانی بۆ لێخۆشبوونی گوناهی بێ ئەنقەست

٤ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢ «لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”ئەگەر یەکێك بەبێ ئەنقەست گوناهی کرد[a] لە یەکێك لەو فەرمانانەی یەزدان کە نابێت بکرێت و یەکێکی لەوانە کرد، ئەمە دەبێت:

٣ «”ئەگەر کاهینی دەستنیشانکراو[b] گوناهی کرد و گەلی تووشی تاوان کرد، دەبێت جوانەگایەکی ساغ بۆ یەزدان پێشکەش بکات لەبەر ئەو گوناهەی کە کردوویەتی، قوربانی گوناهە[c]. ٤ جوانەگاکە دەباتە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن لەبەردەم یەزدان و دەستی لەسەر جوانەگاکە دادەنێت و جوانەگاکە لەبەردەم یەزدان سەردەبڕێت. ٥ ئینجا کاهینە دەستنیشانکراوەکە لە خوێنی جوانەگاکە دەبات و دەیباتە ناو چادری چاوپێکەوتن. ٦ کاهینەکە پەنجەی دەکاتە ناو خوێنەکە و حەوت جار لەبەردەم یەزدان لێی دەپرژێنێت لەلای پەردەی پیرۆزگا. ٧ کاهینەکە هەندێکیش لە خوێنەکە لە قۆچەکانی قوربانگای بخووره بۆنخۆشەکە دەدات، ئەوەی لە چادری چاوپێکەوتنە لەبەردەم یەزدان، پاشماوەی خوێنی جوانەگاکەش دەڕژێنێتە بنکەی قوربانگای قوربانی سووتاندن کە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتنە. ٨ هەموو پیوی جوانەگای قوربانی بۆ گوناهەکە دەردەهێنێت، ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە و هەموو ئەو پیوەی لەسەر هەناوەکەیە، ٩ لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە و ئەو پیوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە لێی دەکاتەوە. ١٠ هەروەك ئەو پیوەی لە گا[d] قوربانی هاوبەشی دەکرێتەوە و کاهینەکە لەسەر قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن دەیانسووتێنێت. ١١ بەڵام پێستی جوانەگاکە و هەموو گۆشتەکەی و سەر و قاچەکەی و هەناوی و ڕیخەکەی، ١٢ هەموو پاشماوەی جوانەگاکە دەباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە بۆ شوێنێکی پاك بەپێی ڕێوڕەسم، کە بۆ شوێنی فڕێدانی خۆڵەمێش بێت و لەسەر دار دەیانسووتێنێت، لەسەر شوێنی فڕێدانی خۆڵەمێش دەسووتێنرێ.

١٣ «”ئەگەر هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل بەبێ ئەنقەست گوناهێکیان کرد و یەکێك لەو شتانەیان کرد کە یەزدان فەرمانی داوە نەکرێت، تەنانەت ئەگەر گوناهەکە لەبەرچاوی ئەنجومەن شاردراوە بوو، ئەوا کاتێك درکیان کرد بەو تاوان و ١٤ دواتر گوناهەکە زانرا کە کردوویانە، دەبێت ئەنجومەن جوانەگایەك وەك قوربانی گوناه پێشکەش بکات و دەیهێننە بەردەم چادری چاوپێکەوتن. ١٥ پیرانی کۆمەڵەکە لەبەردەم یەزدان دەستیان لەسەر سەری جوانەگاکە دادەنێن و جوانەگاکە لەبەردەم یەزدان سەردەبڕدرێت. ١٦ ئینجا کاهینی دەستنیشانکراو لە خوێنی جوانەگاکە دەباتە ناو چادری چاوپێکەوتن، ١٧ پەنجەی دەخاتە ناو خوێنەکە و حەوت جار لەلای پەردەکە لەبەردەم یەزدان دەیپرژێنێت. ١٨ هەندێك لە خوێنەکە لە قۆچەکانی قوربانگاکە دەدات کە لەبەردەم یەزدانە لە چادری چاوپێکەوتن و پاشماوەی خوێنەکەش لە بنکەی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن دەڕێژێت کە لەلای دەروازەی

---

[a] ٢ بەبێ ئەنقەست گوناهی کرد: ئەگەر کەسێك بەبێ مەبەست گوناهی کرد چ لە ڕێگەی پشتگوێخستن یان نەزانینەوە بێت، ئەوا لە ڕێگەی قوربانی گوناه لێخۆشبوون بەدەستدەهێنێت. هەروەها ئەگەر کەسێك تووشی گڵاوی بوویێت ئەوا بە هەمان شێوە پاك دەبێتەوە. بڕوانە بەشی ١٢ و بەشی ١٥.

[b] ٣ کاهینی دەستنیشانکراو: بڕوانە دەرچوون ٣٠:٣٠-٣١.

[c] ٣ قوربانی گوناه: پێشکەشکردنی قوربانی لە پێناو گوناه یاخود تاوان، کاریگەری هەیە لەسەر دووبارە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ ناو ژیانی خواپەرستی.

[d] ١٠ لە زمانی عیبری ئەو وشەیە بۆ نێر و مێ چێڵ و گا بەکاردێت.

چادری چاوپێکەوتنە. [١٩]هەموو پیوەکەی لێ دەکاتەوە و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت. [٢٠]چی لە جوانەگای قوربانی گوناه کرد ئاواش لەو جوانەگایە دەکات. کاهینەکە کەفارەتیان بۆ دەکات و لێخۆشبوونیان بۆ دەبێت. [٢١]پاشان جوانەگاکە دەباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە و دەیسووتێنێت هەروەك جوانەگای یەکەمی سووتاند، ئەوە قوربانی گوناهی کۆمەڵە.

[٢٢]«”ئەگەر دەسەڵاتدارێك گوناهی کرد و بەبێ ئەنقەست یەکێك لەوانەی کرد کە یەزدانی پەروەردگاری فەرمانی داوە نەکرێت و تاوانبار بوو، [٢٣]پاشان لە گوناهەکەی ئاگادار کرایەوە کە کردوویەتی، دەبێت قوربانییەکەی بهێنێت کە گیسکێکی نێری ساغ بێت. [٢٤]دەستی لەسەر سەری گیسکەکە دابنێت و سەری ببڕێت لەو شوێنەی کە قوربانی سووتاندنی لێ سەردەبڕدرێت لەبەردەم یەزدان. ئەوە قوربانی گوناهە، [٢٥]کاهینەکەش بە پەنجەی لە خوێنی قوربانییەکەی گوناه دەبات و لە قۆچەکانی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی دەدات، پاشماوەی خوێنەکەی دەڕێژێتە بنکەی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن. [٢٦]هەموو پیوەکەشی لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێت وەك پیوی قوربانی هاوبەشی. کاهینەکە لە گوناهەکەی کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

[٢٧]«”ئەگەر یەکێك لە کۆمەڵگا بەبێ ئەنقەست گوناهی کرد، بەوەی یەکێك لەوانەی کرد کە یەزدان فەرمانی داوە نەکرێت و تاوانبار بوو، [٢٨]پاشان لە گوناهەکەی ئاگادار کرایەوە کە کردوویەتی، دەبێت قوربانییەکەی بهێنێت کە بزنێکی ساغ بێت، لەبەر گوناهەکەی کە کردوویەتی. [٢٩]لە شوێنی قوربانی سووتاندن دەستی لەسەر سەری قوربانییەکەی گوناه دادەنێت و سەری دەبڕێت. [٣٠]کاهینەکەش بە پەنجەی لە خوێنەکەی دەبات و لەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی دەدات، پاشماوەی خوێنەکەشی دەڕێژێتە بنکەی قوربانگاکە. [٣١]هەموو پیوەکەشی لێ دەکاتەوە، وەك چۆن ئەو پیوەی لە قوربانی هاوبەشی کردەوە و کاهینەکە لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت. ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە. کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

[٣٢]«”ئەگەر قوربانییەکەی بەرخ بوو بۆ قوربانی گوناه، دەبێت مێینە و ساغ بێت. [٣٣]دەستی لەسەر سەری قوربانییەکەی گوناه دادەنێت و وەك قوربانی گوناه سەری دەبڕێت، لەو شوێنەی قوربانی سووتاندنی تێدا سەردەبڕدرێت. [٣٤]کاهینەکە بە پەنجەی لە خوێنی قوربانییەکەی گوناه دەبات و لەسەری قۆچەکانی قوربانگاکەی قوربانی سووتاندنی دەدات و هەموو خوێنەکەش دەڕێژێتە بنکەی قوربانگاکە. [٣٥]هەموو پیوەکەشی لێ دەکاتەوە هەروەك ئەو پیوەی لە بەرخی قوربانی هاوبەشی دەکرێتەوە، کاهینەکە لەسەر قوربانگاکە لەسەر قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان دەیسووتێنێت. بەم شێوەیە کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات لە گوناهەکەی کە کردوویەتی و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

٥ «”کاتێك کەسێك گوێی لە بانگەوازی ئاشکرا دەبێت بۆ شایەتیدان کە شایەتی بدات، بێدەنگ بوو لەوەی بینیبووی یان زانیبووی، ئەوا ئەو کەسە گوناهی کردووە و تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

[٢]«”یان ئەگەر یەکێك بەر شتێکی گڵاو کەوت، وەك کەلاکی[a] ئاژەڵێکی کێوی گڵاو یان کەلاکی ئاژەڵێکی ماڵی گڵاو یان کەلاکی خشۆکێکی گڵاو، ئەگەر ئاگای لێ نەبوو و پاشان زانی، ئەوا تاوانبارە.

[٣]«”یان ئەگەر دەستی لە شتە گڵاوەکانی کەسێك دا لە هەموو گڵاوییەکانی کە پێی گڵاو دەبێت، ئاگای لێ نەبوو و پاشان زانی، ئەوا تاوانبارە.

[٤]«”یان یەکێك هەڵەشە بوو لە سوێندخواردن، بۆ خراپە یان چاکە، لە هەموو ئەوەی مرۆڤ لە کاتی

---

[a] ٢ کەلاك: واتە لاشەی مردوو یان کوژراو کە بۆ خواردن ناشێت.

سوێندخواردن پەلەی لێ دەکات، بێ ئەوەی بزانێت و پاشان زانی، ئەوا ئەو کەسە لەو شتە تاوانبارە.

٥«”ئەگەر یەکێك تاوانبار بوو بە شکاندنی بڕگەیەکی ئەو یاسایانەی کە ئاماژەی پێکرا، ئەوا دان بە گوناهەکەی دەنێت و ٦بە قوربانییەکەیەوە کە مێ بێت، بەرخ یان گیسك، بۆ تاوانەکەی دێتە لای یەزدان لەبەر ئەو گوناهەی کە کردوویەتی، قوربانی گوناه، کاهینەکەش کەفارەت بۆ گوناهەکەی دەکات.

٧«”ئەگەر دەستکورت بوو بۆ بەرخێك، با دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر وەك قوربانی بۆ یەزدان بهێنێت لەبەر تاوانەکەی کە گوناهی پێکردووە، یەکێکیان قوربانی گوناهە و ئەوەی دیکە قوربانی سووتاندن. ٨دەیانهێنێت بۆ کاهینەکە و ئەویش یەکەم جار ئەوەی بۆ گوناهە پێشکەشی دەکات، سەری لەلای پشتەوە دەقرتێنێت بەڵام بە تەواوی لێی ناکاتەوە. ٩لە خوێنی قوربانی گوناهەکە بە لاتەنیشتی قوربانگاکەدا دەکات، ئەوەشی لە خوێنەکە دەمێنێتەوە، دەگوشرێتە بنکەی قوربانگاکە، ئەوە قوربانی گوناهە. ١٠ئەوەی دیکە بەپێی ڕێوڕەسم دەکاتە قوربانی سووتاندن، ئینجا کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات لە گوناهەکەی کە کردوویەتی و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

١١«”ئەگەر دەستکورت بوو دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر بهێنێت، قوربانییەکەی لەبەر ئەو گوناهەی کە کردوویەتی دەیەکی ئێفەیەك[a] لە باشترین ئارد دەبێتە قوربانی گوناه. زەیتی بەسەردا ناکات و بخووری سادەی لەسەر دانانێت، چونکە قوربانی گوناهە. ١٢دەیهێنێتە لای کاهینەکە و ئەویش پڕ بە مستی لێی دەبات، بەشی یادەوەرییەکەی و لەسەر قوربانگاکە لەسەر قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان دەیسووتێنێت، ئەوە قوربانی گوناهە. ١٣بەم شێوەیە کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات لە گوناهەکەی کە کردوویەتی لە هەر یەکێك لەوانە و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت، ئەوەی دەشمێنێتەوە بۆ کاهینەکە دەبێت، وەك چۆن پاشماوەی پێشکەشکراوی دانەوێڵە بە کاهینەکە دەدرێت.“»

## قوربانیدان بۆ تاوان

١٤هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ١٥«ئەگەر یەکێك سەرپێچییەکی کرد و سەبارەت بە شتە پیرۆزکراوەکانی یەزدان[b] بەبێ ئەنقەست گوناهی کرد، دەبێت لەبەر تاوانەکەی قوربانییەك بۆ یەزدان بهێنێت، بەرانێکی ساغی مێگەل بێت و بەو نرخەی بۆی دادەنێیت بە شاقلی زیو بەپێی شاقلی پیرۆزگا[c]، ئەوە قوربانی تاوانە. ١٦هەروەها قەرەبووی ئەو گوناهەش دەکاتەوە کە سەبارەت بە شتە پیرۆزکراوەکان کردوویەتی و پێنج یەکیشی لەسەر دادەنێت و دەیداتە کاهینەکە. کاهینەکە بە بەرانەکەی قوربانی تاوان کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

١٧«ئەگەر یەکێك گوناهی کرد و یەکێك لەوانەی کرد کە یەزدان فەرمانی داوە نەکرێن و نەیزانی، ئەوا تاوانبارە و تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت. ١٨بە بەرانێکی ساغی مێگەل و بەو نرخەی بۆی دادەنێیت، بە قوربانی تاوانەوە بۆ لای کاهینەکە دێت، کاهینەکەش لەو هەڵەیەی کە بەبێ ئەنقەست کردوویەتی کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت. ١٩ئەوە قوربانی تاوانە، چونکە تاوانێکی سەبارەت بە یەزدان کردووە.»

٦ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«ئەگەر یەکێك گوناهی کرد و ناپاکی لە یەزدان کرد، بەوەی فێڵی لە کەسێك کرد، لە شتێك کە لەلای دانرابێت یان ئەمانەتێك یان دزینێك یان دەست بەسەرداگرتنی شتێکی نزیکەکەی، ٣یان شتێکی بزربووی دۆزییەوە و سەبارەت بەوە نکۆڵی کرد، یان بە درۆ سوێندی لەسەر ئەمانە خوارد یان هەر

[a] ١١ نزیکەی دوو لیتر.

[b] ١٥ شتە پیرۆزکراوەکانی یەزدان: لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێك بوو لە قوربانی گوناه. ناوەڕۆکی ڕوخساری ئەم قوربانییە تایبەت بوو بە بەکارهێنانی شتە پیرۆزکراوەکان بە شێوەیەکی ناپیرۆز.

[c] ١٥ شاقلی پیرۆزگا: نزیکەی ١١,٥ گرام.

شتێك کە مرۆڤ گوناهی تێدا بکات، [٤]ئەگەر گوناهی کرد و تاوانبار بوو، پێویستە شتەکان بگەڕێنێتەوە، ئەوا ئەوەی دزیویەتی یان ئەوەی دەستی بەسەردا گرتووە یان ئەوەی لەلای دانراوە یان ئەوەی بزر ببوو و دۆزییەوە، [٥]یان هەر شتێك کە بە درۆ سوێندی لەسەر خواردبێت. سەر بەسەر قەرەبووی دەکاتەوە و پێنج یەکیشی بۆ زیاد دەکات. لە ڕۆژی قوربانی تاوانەکەی دەیداتەوە دەست خاوەنەکەی. [٦]لەبری تاوانەکە دەبێت قوربانییەك بۆ کاهین بهێنێت، ئەمە بۆ یەزدانە، قوربانی تاوانەکە بەرانێکی ساغی مێگەل بێت، بەو نرخەی بۆی دادەنێیت، [٧]کاهینەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت لە هەر شتێك کە کردوویەتی و پێی تاوانبارە.»

## قوربانی سووتاندن

[٨] هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٩]«ئەم فەرمانە بە هارون و کوڕەکانی ڕابگەیەنە: ”ئەمانە ڕێنماییەکانن دەربارەی قوربانی سووتاندن. قوربانی سووتاندن دەبێت بە درێژایی شەو هەتا بەیانی لەسەر ئاگردانەکە بێت لەسەر قوربانگاکە. پێویستە ئاگری قوربانگاکەش بە داگرساوی بمێنێتەوە. [١٠]کاهینەکە جلەکانی و دەرپێکەی کە لە کەتانن لەبەر دەکات و خۆڵەمێشی ئەو قوربانی سووتاندنەی کە ئاگرەکە هەڵیلووشی هەڵدەگرێت و لەتەنیشت قوربانگاکە دایدەنێت. [١١]ئینجا جلەکانی دادەکەنێت و جلی دیکە لەبەر دەکات و خۆڵەمێشەکە دەباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە بۆ شوێنێك بەپێی ڕێوڕەسم پاك بێت. [١٢]پێویستە ئاگری سەر قوربانگاکەش بە داگرساوی بمێنێتەوە و نەکوژێتەوە. کاهینەکەش هەموو بەیانییەك داری لەسەر دەسووتێنێت و قوربانی سووتاندنی لەسەر ڕێك دەخات و پیوی قوربانییەکانی هاوبەشی لەسەر دەسووتێنێت. [١٣]ئاگرێکی بەردەوامە لەسەر قوربانگاکە کراوەتەوە و ناکوژێتەوە.

## پێشکەشکراوی دانەوێڵە

[١٤]«”ئەمانەش ڕێنماییەکانن دەربارەی پێشکەشکراوی دانەوێڵە، کوڕانی هارون لەبەردەم یەزدان پێشکەشی دەکەن بۆ پێش قوربانگاکە. [١٥]بە مستی هەندێك ئاردی پێشکەشکراوی دانەوێڵەکە و زەیتەکەی و هەموو بخوورە سادەکەی کە لەسەر پێشکەشکراوە خۆراکەکەیە لێ دەبات و بەشی یادەوەرییەکە لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێت، ئەمەش وەك بۆنی خۆشییە بۆ یەزدان. [١٦]ئەوەی لێشی دەمێنێتەوە هارون و کوڕانی دەیخۆن. بەڵام بەبێ هەویرترش لە شوێنێکی پیرۆز دەخورێت. لە حەوشەی چادری چاوپێکەوتن دەیخۆن. [١٧]بە هەویرترش ناکرێت بە نان. کردوومە بە بەشی ئەوان لە قوربانییە بە ئاگرەکانم، ئەوە هەرەپیرۆزە وەك قوربانی گوناه و قوربانی تاوان. [١٨]هەموو نێرینەیەك لە نەوەی هارون لێی دەخوات، بەشێکی چەسپاوە بۆ نەوەکانتان لە قوربانییە بە ئاگرەکان بۆ یەزدان، هەر شتێکی بەر بکەوێت پیرۆز دەبێت.“»

[١٩] هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٠]«ئەمە قوربانی هارون و کوڕەکانییەتی کە لە ڕۆژی دەستنیشانکردن بۆ یەزدانی دەهێنن: دەیەکی ئێفەیەك[a] لە باشترین ئارد لە پێشکەشکراوی دانەوێڵە، بە بەردەوامی نیوەی لە بەیانییان و نیوەی لە ئێواران. [٢١]لەسەر ساج دروستکراو و بە زەیت شێلراو ساز دەکەیت و دەیهێنیت، بە پارچەپارچەکراوی پێشکەشکراوە دانەوێڵەکە پێشکەش دەکەیت، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە. [٢٢]ئەو کوڕەی جێگەی دەگرێتەوە وەك کاهینی دەستنیشانکراو هەڵدەستێت بەو کارە، بەشێکی چەسپاوە بۆ یەزدان، بە تەواوی دەسووتێنرێ. [٢٣]هەموو پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەی کاهین بە تەواوی دەسووتێنرێت و ناخورێت.»

---

[a] ٢٠ نزیکەی ١،٦ کیلۆگرام.

## قوربانی گوناه

٢٤هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢٥«لەگەڵ هارون و کوڕەکانی بدوێ و بڵێ: ”ئەمانە ڕێنماییەکانن دەربارەی قوربانی گوناه، لەو شوێنەی قوربانی سووتاندن سەردەبڕدرێت لەوێش قوربانی گوناه لەبەردەم یەزدان سەردەبڕیت، ئەوە هەرەپیرۆزە. ٢٦ئەو کاهینەی قوربانییەکە بۆ کەفارەتی گوناه دەکات لێی دەخوات، لە شوێنێکی پیرۆز دەخورێت، لە حەوشەی چادری چاوپێکەوتن. ٢٧هەر شتێك بەر کەلەشەکە بکەوێت ئەوا پیرۆز دەبێت، ئەگەر پرژەیەك لە خوێنەکە بەر جلێك کەوت، ئەوا پێویستە جلەکە لە شوێنێکی پیرۆز بشۆیت. ٢٨بەڵام ئەو مەنجەڵە گڵینەی تێیدا لێنراوە، ئەوا دەشکێنرێت، ئەگەر لە مەنجەڵێکی برۆنز لێنرا، ئەوا سپی دەکرێتەوە و ئاوی پێدا دەکرێت. ٢٩هەموو نێرینەیەك لە کاهینەکان لێی دەخوات، ئەوە هەرەپیرۆزە. ٣٠بەڵام هەموو قوربانییەکی گوناه لە خوێنەکەی دەبردرێتە ناو چادری چاوپێکەوتن و بۆ کەفارەتکردن لە شوێنی پیرۆز، ناخورێت بەڵکو بە ئاگر دەسووتێنرێ.

## قوربانیدان بۆ تاوان

7 «”ئەمانەش ڕێنماییەکانن دەربارەی قوربانی تاوان[a] . ئەمە هەرەپیرۆزە. ٢لەو شوێنەی قوربانی سووتاندن سەردەبڕدرێت هەر لەوێ قوربانی تاوانیش سەردەبڕدرێت. خوێنەکەشی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا دەڕژێنرێت. ٣هەموو پیوەکەشی پێشکەش دەکرێت، دوگەکەی و ئەو پیوەی هەناوی داپۆشیوە، ٤لەگەڵ دوو گورچیلەکە و ئەو پیوەی لەسەریانە، ئەوەی لەسەر ناوقەدە و ئەو پیوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە لێی دەکاتەوە، ٥کاهینەکە لەسەر قوربانگاکە دەیانسووتێنێت. قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان، ئەمە قوربانی تاوانە. ٦هەموو نێرینەیەك لە کاهینەکان لێی دەخوات، بەڵام لە شوێنێکی پیرۆز دەخورێت، ئەمە هەرەپیرۆزە.

٧«”قوربانی تاوان وەك قوربانی گوناهە، یەك فێرکردن هەیە دەربارەیان، ئەو کاهینەی کەفارەتیان پێ دەکات بۆ ئەو دەبێت، ٨ئەو کاهینەش کە قوربانییەکی سووتاندن بۆ کەسێك دەکات، ئەوا پێستی ئەو قوربانییەی سووتاندن کە دەیکات بۆ ئەو دەبێت. ٩هەموو پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەش بە تەنوور کرابێتە نان و هەموو ئەوەی لەناو تاوە دروستکرابێت یان لەسەر ساج بۆ ئەو کاهینە دەبێت کە پێشکەشی دەکات، ١٠هەروەها هەموو پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەی بە زەیت شێلراو یان وشك، بۆ هەموو کوڕانی هارون دەبێت، هەریەکە وەك براکەی.

## قوربانی هاوبەشی

١١«”ئەمانەش ڕێنماییەکانن دەربارەی قوربانی هاوبەشی[b]، ئەوەی کەسێك دەتوانێت بۆ یەزدانی بهێنێت.

١٢«”ئەگەر بۆ سوپاسکردن هێنای، ئەوا بۆ قوربانی سوپاسگوزاری کولێرەی فەتیرەی بە زەیت شێلراو و ناسکە نانی[c] فەتیرەی بە زەیت چەورکراو و باشترین ئاردی شێلراو، کرابێتە کولێرەی بە زەیت شێلراو. ١٣لەگەڵ کولێرەی بە هەویرترش، قوربانییەکەی لەسەر قوربانی سوپاسگوزاری بۆ ژیانە هاوبەشییەکەی پێشکەش دەکات. ١٤لە هەر جۆرێکیان یەکێك وەك پێشکەشکراوێك دەهێنێت، وەك بەخشینێك بۆ یەزدان، بۆ ئەو کاهینە دەبێت کە خوێنی قوربانی هاوبەشی دەپرژێنێت. ١٥گۆشتی قوربانی سوپاسگوزاری بۆ ژیانی هاوبەشییەکەی لە ڕۆژی قوربانییەکەی دەخورێت، هیچی لێ ناهێڵێتەوە بۆ بەیانی.

[a] ١ قوربانی تاوان: بڕوانە لێڤییەکان ١٥:٥ و دەرچوون ٢٢:٣٠-٣٨.

[b] ١١ قوربانی هاوبەشی: بڕوانە ١:٣.

[c] ١٢ ناسکە نان: ناوەشکێنە.

[١٦]«”ئەگەر قوربانییەکەی نەزر[a] بوو یان بە خواستی خۆی بوو، ئەوا ڕۆژی پێشکەشکردنی قوربانییەکە دەخورێت و بۆ سبەینێش ئەوەی لێی ماوەتەوە دەخورێت. [١٧]بەڵام بەرماوەی گۆشتی قوربانییەکە لە ڕۆژی سێیەم دەسووتێنرێ. [١٨]ئەگەر لە ڕۆژی سێیەم لە گۆشتی قوربانی هاوبەشییەکە خواردرا، ئەوا قوربانییەکە قبوڵ نییە، ئەوەی پێشکەشی کرد بە چاك بۆی دانانرێت، چونکە قوربانییەکە گڵاو بووە. ئەوەی لێی بخوات ئەوا تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

[١٩]«”ئەو گۆشتەش کە بەر شتێکی گڵاو بکەوێت ئەوا بەپێی ڕێوڕەسم ناخورێت، بە ئاگر دەسووتێنرێت. گۆشتەکە هەموو کەسێکی پاك بەپێی ڕێوڕەسم لێی دەخوات، [٢٠]بەڵام ئەو کەسەی گۆشتی قوربانی هاوبەشی یەزدان دەخوات، لە کاتێکدا پیسی بە خۆیەوە بوو، ئەوا ئەو کەسە لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە. [٢١]ئەگەر هەرکەسێك دەست لە شتێکی گڵاو بدات یان بەر شتێکی گڵاو بکەوێت، گڵاوی مرۆڤێك یان ئاژەڵێکی گڵاو[b] یان هەر شتێکی قێزەونی گڵاو، ئینجا لە گۆشتی قوربانی هاوبەشی یەزدان بخوات، ئەوا ئەو کەسە لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە.“»

## خواردنی پیو و خوێن قەدەغەکراون

[٢٢]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٣]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”پیوی ئاژەڵی مێگەل و گاوگۆتاڵ مەخۆن. [٢٤]پیوی ئاژەڵی مرداربووەوە و پیوی ئەو ئاژەڵەی بووە بە نێچیر ئەوا بۆ هەموو کارێك بەکاردێت، بەڵام ناخورێت. [٢٥]هەر یەکێك لە پیوی ئەو ئاژەڵانەی خوارد کە بۆ یەزدان وەك قوربانی بە ئاگر لێیان پێشکەش دەکرێت، ئەو کەسە لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە. [٢٦]هیچ خوێنێکیش مەخۆن لە هەموو نشینگەکانتان، ئەگەر هی باڵندە بێت یان ئاژەڵ. [٢٧]هەرکەسێك خوێن بخوات، ئەو کەسە لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە.“»

[٢٨]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٩]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”ئەوەی قوربانی هاوبەشی بۆ یەزدان پێشکەش دەکات، لە قوربانی هاوبەشییە پێشکەشکراوەکەی بۆ یەزدان دەهێنێت. [٣٠]کەسەکە بە دەستی خۆی قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان دەهێنێت. پیوەکە لەگەڵ سنگەکە دەهێنێت. لەبەردەم یەزدان سنگەکە وەك قوربانی بەرزکردنەوە[c] بەرز دەکاتەوە. [٣١]کاهینەکە پیوەکە لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنێت، بەڵام سنگەکە بۆ هارون و کوڕەکانی دەبێت. [٣٢]ڕانی ڕاستەش لە قوربانییەکانی هاوبەشیتان وەك پیتاك دەدەنە کاهینەکە. [٣٣]ئەوەی خوێنی قوربانی هاوبەشی و پیوەکە پێشکەش دەکات لە کوڕانی هارون، ڕانە ڕاستەکە دەبێتە بەشی ئەو، [٣٤]چونکە من لە قوربانییەکانی هاوبەشییان سنگی بەرزکراوە و ڕانە پێشکەشکراوەکەم لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتووە، بە هارونی کاهین و بە کوڕەکانیم داوە. بەشێکی چەسپاوە بۆ نەوەی ئیسرائیل.“»

[٣٥]ئەوە پشکی هارون و کوڕەکانییەتی لە قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان، ڕۆژی پێشکەشکردنیان هەتا کاهینییێتی بۆ یەزدان بکەن، [٣٦]لەو ڕۆژەی دەستنیشان کران[d] یەزدان فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل دا بیاندەنێ، وەك بەشێکی چەسپاو بۆ نەوەکانیان.

[٣٧]ئەوە ڕێنماییە بۆ قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و قوربانی گوناە و قوربانی تاوان و قوربانی ئەرك پێ سپاردن و قوربانی هاوبەشی، [٣٨]کە یەزدان لە شاخی سینا دایە موسا،

---

[a] ١٦ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

[b] ٢١ بڕوانە بەشی ١١.

[c] ٣٠ قوربانی بەرزکردنەوە: لەم قوربانییەدا کەسەکە چەند جارێك قوربانییەکە بەرز دەکاتەوە کە هێمایەکە بۆ تەرخانکردن بۆ خودا.

[d] ٣٦ شێوازی ئەم دەستنیشانکردنە بریتی بووە لە زەیت پێداکردن بەسەر سەری کاهینەکە. بڕوانە دەرچوون ٧:٢٩.

بۆ ئەوەی فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکات هەتا لە چۆڵەوانی سینا قوربانییەکانیان بۆ یەزدان پێشکەش بکەن.

## ئەرکسپاردن بە هارون و کوڕەکانی

٨ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«هارون و کوڕەکانی ببە، لەگەڵ جلەکان و زەیتی دەستنیشانکردنەکە و جوانەگاکەی قوربانی گوناه و دوو بەرانەکە و سەبەتە نانە فەتیرەکە. [٣]هەموو کۆمەڵیش لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن کۆبکەرەوە.» [٤]موساش وەك یەزدان فەرمانی پێ کرد، ئاوای کرد، ئیتر کۆمەڵەکە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن کۆبوونەوە.

[٥]موسا بە کۆمەڵەکەی گوت: «یەزدان فەرمانی داوە ئەمە بکرێت.» [٦]ئینجا موسا هارون و کوڕەکانی هێنایە پێشەوە و بە ئاو شوشتنی. [٧]کراسەکەی لەبەر هارون کرد و کەمەربەندەکەی بۆ بەست، کەواکەی لەبەری کرد، ئێفۆدەکەی خستە سەر و بە پشتبەستی ئێفۆدەکە بەستی و توندی کرد. [٨]بەرسینەکەی لەبەری کرد و ئوریم و تومیمەکەی[a] خستە ناو بەرسینەکە. [٩]مێزەرەکەشی خستە سەر سەری هارون. لەسەر مێزەرەکە بەلای پێشەوە پلێتە زێڕەکەی دانا کە تاجەگوڵینەی پیرۆزە، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[١٠]ئینجا موسا زەیتی دەستنیشانکردنەکەی هێنا و چادرەکەی پەرستن[b] و هەرچی تێیدا بوو دەستنیشانی کرد و تەرخانی کرد. [١١]حەوت جاریش بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندی و قوربانگاکە و هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و بنکەکەی دەستنیشان کرد بۆ تەرخانکردنیان. [١٢]هەندێك لە زەیتی دەستنیشانکردنەکەشی لە سەری هارون دا و دەستنیشانی کرد بۆ تەرخانکردنی. [١٣]موسا کوڕەکانی هارونی هێنایە پێشەوە و کراسی لەبەرکردن و کەمەربەندی بۆ بەستن و سەرپێچەکانی بۆ توند کردنەوە، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[١٤]ئینجا جوانەگاکەی قوربانی گوناهی هێنایە پێشەوە و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری جوانەگاکەی گوناه دانا. [١٥]موسا سەری بڕی و هەندێك لە خوێنەکەی برد و بە پەنجەی خوێنەکەی لە هەموو قۆچەکانی قوربانگاکە دا و قوربانگاکەی پاککردەوە. پاشماوەی خوێنەکەی ڕشتە بنکەی قوربانگاکە و تەرخانی کرد بۆ کەفارەتکردن بۆی. [١٦]موسا هەموو ئەو پیوەی کە هەناوی داپۆشیوە لەگەڵ ئەوەی لەسەر جگەر و گورچیلەکانە و هەردوو گورچیلەکەی برد و لەسەر قوربانگاکە سووتاندنی. [١٧]بەڵام جوانەگاکەی بە پێست و کەلەش و ڕیخەکەیەوە، لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بە ئاگر سووتاند، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[١٨]ئینجا بەرانەکەی قوربانی سووتاندنی هێنایە پێشەوە و هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری بەرانەکە دانا. [١٩]دوای ئەوە موسا سەری بڕی و خوێنەکەی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا پرژاند. [٢٠]بەرانەکەی پارچەپارچە کرد و موسا سەرەکە و پارچەکان و پیوەکەی سووتاند. [٢١]بەڵام هەناو و قاچەکانی بە ئاو شوشت، موسا هەموو بەرانەکەی لەسەر قوربانگاکەدا سووتاند، وەك قوربانی بە ئاگر، بۆنی خۆشی، قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٢٢]ئینجا بەرانی دووەم، بەرانی ئەرك پێ سپاردنەکەی هێنایە پێشەوە، هارون و کوڕەکانی دەستیان لەسەر سەری بەرانەکە دانا. [٢٣]موسا سەری بڕی و لە خوێنەکەی برد و لە شلکەی گوێی ڕاستی هارونی دا، هەروەها لە پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی. [٢٤]هەروەها کوڕەکانی هارونی هێنایە پێشەوە و لە خوێنەکەی هەڵگرت و لە شلکەی گوێی ڕاستیان و

[a] ٨ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە دەرچوون ٣٠:٢٨ ویەکەم ساموئێل ٢٣:٩-١٢.

[b] ١٠ چادری پەرستن: پەرستگایەکی گواستراوە بووە کە گەلی ئیسرائیل لەگەڵ خۆیان دەیانگواستەوە؛ بڕوانە دەرچوون ٣٦:٨-٣٨.

پەنجە گەورەی دەستی ڕاستیان و پەنجە گەورەی پێی ڕاستیانی دا، پاشان خوێنی بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا پرژاند. [٢٥]لەدوای ئەوە پیو و دوگ و هەموو پیوەکەی هەناوی و سەر جگەر و گورچیلەکان و هەردوو گورچیلە و ڕانی ڕاستی برد. [٢٦]هەروەها لە سەبەتەی فەتیرەکە، ئەوەی لەبەردەم یەزدانە، نانێك و کولێرەیەك لەوەی بە زەیتە و ناسکە نانێکی[a] برد و لەسەر پیوەکە و لەسەر ڕانە ڕاستەکەی دانا. [٢٧]هەمووی خستنە سەر دەستی هارون و کوڕەکانی و لەبەردەم یەزدان وەك قوربانی بەرزکردنەوە بەرزیان کردەوە. [٢٨]ئینجا موسا لە دەستیانی وەرگرت و لەگەڵ قوربانی سووتاندنەکە لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، ئەوە قوربانی ئەرك پێ سپاردنە، بۆنی خۆشییە، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان. [٢٩]هەروەها موسا سنگی بەرانی ئەرکسپاردنەکەی برد کە بەشی موسا بوو، وەك قوربانی بەرزکردنەوە[b] لەبەردەم یەزدانی بەرزی کردەوە، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

[٣٠]پاشان موسا لە زەیتی دەستنیشانکردنەکە و لە خوێنەکەی سەر قوربانگاکەی برد و بەسەر هارون و جلەکانی و بەسەر کوڕەکانی و جلی کوڕەکانی پرژاند. هارون و جلەکانی و کوڕەکانی و جلی کوڕەکانی پێ تەرخان کردن.

[٣١]ئینجا موسا بە هارون و کوڕەکانی گوت: «گۆشتەکە لەبەردەم دەروازەی چادری چاوپێکەوتن لێبنێن و هەر لەوێش بیخۆن، لەگەڵ ئەو نانەی ناو سەبەتەکەش، قوربانی ئەرکسپاردن، وەك فەرمانم کرد و گوتم: ”هارون و کوڕەکانی بیخۆن.“ [٣٢]ئەوەی لە گۆشت و نانەکەش دەمێنێتەوە بە ئاگر بیسووتێنن، [٣٣]لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتنیش دوور نەکەونەوە، حەوت ڕۆژ هەتا تەواوی ڕۆژەکانی ئەرکسپاردنتان، چونکە حەوت ڕۆژ ئەرکتان پێ دەسپێردرێت. [٣٤]هەروەك لەم ڕۆژەدا کرا، یەزدان فەرمانی داوە کە بکرێت بۆ کەفارەتکردن بۆتان. [٣٥]حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن دەمێننەوە و وریابن بۆ پارێزگاری لە ئەرکەکانی یەزدان، ئیتر نامرن، چونکە ئاوا فەرمانم پێکراوە.» [٣٦]جا هارون و کوڕەکانی هەموو ئەو شتانەی یەزدان لە ڕێگەی موسا فەرمانی پێ کردبوو، کردیان.

## کاهینەکان خزمەتیان دەستپێدەکەن

٩ لە ڕۆژی هەشتەم، موسا هارون و کوڕەکانی و پیرانی ئیسرائیلی بانگکرد و [٢]بە هارونی گوت: «جوانەگایەك بۆ خۆت، بۆ قوربانی گوناه و بەرانێك بۆ قوربانی سووتاندن ببە، هەردووکیان ساغ بن و لەبەردەم یەزدان پێشکەشیان بکە. [٣]لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلیش بدوێ و بڵێ: ”گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه و جوانەگایەك و بەرخێکی یەك ساڵەی ساغ بۆ قوربانی سووتاندن و [٤]گایەك[c] و بەرانێك بۆ قوربانی هاوبەشی بۆ سەربڕین لەبەردەم یەزدان ببەن، هەروەها پێشکەشکراوی دانەوێڵەی بە زەیت شێلراو، چونکە ئەمڕۆ یەزدان بۆتان دەردەکەوێت.“»

[٥]ئەوەی موسا فەرمانی پێ کردبوو بردیانە پێش چادری چاوپێکەوتن و هەموو کۆمەڵەکە چوونە پێشەوە و لەبەردەم یەزدان وەستان. [٦]موسا گوتی: «یەزدان فەرمانی ئەمەی داوە، دەیکەن، ئینجا شکۆمەندی یەزدانتان بۆ دەردەکەوێت.»

[٧]پاشان موسا بە هارونی گوت: «بڕۆ پێشەوە بۆ لای قوربانگاکە و قوربانی گوناهت و قوربانی سووتاندنەکەت بکە و کەفارەت بۆ خۆت و گەل بکە و قوربانی گەل بکە و کەفارەتیان بۆ بکە، هەروەك یەزدان فەرمانی دا.»

[٨]ئیتر هارون چووە پێشەوە بۆ لای قوربانگەکە و جوانەگاکەی قوربانی گوناهی سەربڕی کە بۆ خۆی بوو. [٩]کوڕەکانی هارونیش خوێنەکەیان بۆ هێنا و ئەویش پەنجەی کردە ناو خوێنەکە و لەسەری

[a] ٢٦ ناسکە نان: ناوەشکێنە.

[b] ٢٩ لەم قوربانییەدا موسا چەند جارێك قوربانییەکە بەرز دەکاتەوە کە هێمایەکە بۆ تەرخانکردن بۆ خودا.

[c] ٤ لە زمانی عیبری ئەو وشەیە بۆ نێر و مێ چێڵ و گا بەکاردێت، لێرە و لە ئایەتەکانی ١٨ و ١٩. بڕوانە ١:٣.

قۆچەکانی قوربانگاکەی دا و خوێنەکەی ڕشتە بنکەی قوربانگاکە. [10]پیوەکە و گورچیلەکان و ئەو پیوەی لەسەر جگەری قوربانییەکەی گوناه بوو لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، [11]بەڵام کەلەش و پێستەکەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە سووتاند.

[12]ئینجا قوربانی سووتاندنەکەی سەربڕی و کوڕەکانی هارون خوێنەکەیان دایێ، ئەویش بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا پرژاندی. [13]پاشان قوربانی سووتاندنەکەی ئەوانی دایێ بە پارچەکانی و سەرەکەیەوە، ئەویش لەسەر قوربانگاکە سووتاندی. [14]هەناو و قاچەکانیشی شوشت و لەسەر قوربانی سووتاندنەکە لەسەر قوربانگاکە سووتاندی.

[15]ئینجا هارون قوربانییەکەی گەلی پێشکەش کرد، گیسکەکەی برد کە قوربانی بوو بۆ گوناهی گەل، سەری بڕی و بۆ گوناه کردی وەك ئەوەی یەکەم.

[16]هارون بەپێی مەراسیم قوربانی سووتاندنەکەی پێشکەش کرد. [17]هەروەها پێشکەشکراوەکەی دانەوێڵەی هێنا و مستی لێ پڕکرد و لەسەر قوربانگاکە سووتاندی، بێجگە لە قوربانی سووتاندنی بەیانی.

[18]گایەکە و بەرانەکەی سەربڕی، قوربانی هاوبەشی کە بۆ گەلە و کوڕەکانی هارون خوێنەکەیان پێیدا، ئەویش بەسەر هەموو لایەکی قوربانگاکەدا پرژاندی. [19]هەروەها پیوەکە لە گایەکە و دوگەکە لە بەرانەکە، ئەو پیوەش کە هەناو دادەپۆشێت و گورچیلەکان و ئەو پیوەی لەسەر جگەرە، [20]ئەم پیوانەیان خستە سەر دوو سنگەکە. ئینجا پیوەکەیان لەسەر قوربانگاکە سووتاند، [21]بەڵام دوو سنگەکە و ڕانی ڕاست، هارون بەرزی کردنەوە بۆ قوربانی بەرزکردنەوە لەبەردەم یەزدان، هەروەك موسا فەرمانی دا.

[22]ئینجا هارون دەستی بەرەو گەل بەرزکردەوە و داوای بەرەکەتی بۆ کردن و لە پێشکەشکردنی قوربانی گوناه و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی، هاتە خوارەوە.

[23]ئینجا موسا و هارون چوونە ناو چادری چاوپێکەوتن و پاشان هاتنە دەرەوە و داوای بەرەکەتیان بۆ گەل کرد. ئیتر شکۆمەندی یەزدان بۆ هەموو گەل دەرکەوت. [24]ئاگرێك لەلایەن یەزدانەوە کڵپەی کرد، هات و لەسەر قوربانگاکە قوربانی سووتاندنەکە و پیوەکەی سووتاند. هەموو گەلیش بینییان و هاواریان کرد و بەسەر ڕوویاندا کەوتن.

## مردنی ناداب و ئەبیهو

١٠ دوو کوڕی هارون، ناداب و ئەبیهو، هەریەکە و بخووردانەکەی خۆی برد و ئاگریان تێدا کردەوە و بخووریان بەسەردا کرد. لەبەردەم یەزدان ئاگرێکی نامۆیان پێشکەش کرد، کە ئەو فەرمانی پێیان نەدابوو. [2]ئیتر ئاگرێك لەلایەن یەزدانەوە کڵپەی کرد، هات و ئەوانی هەڵلووشی و لەبەردەم یەزدان مردن. [3]موساش بە هارونی گوت: «ئەمە بوو مەبەستی یەزدان کاتێك فەرمووی:

«”لەنێو ئەوانەی لێم نزیك دەبنەوە
پیرۆزی خۆم دەردەخەم و
لەبەردەم هەموو گەل
شکۆدار دەبم.“»

هارون بێدەنگ بوو.

[4]موسا بانگی میشائیل و ئەلسافانی کرد، دوو کوڕەکەی عوزیێلی مامی هارون و پێی گوتن: «وەرنە پێش، ئامۆزاکانتان لەبەردەم پیرۆزگا هەڵبگرن بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە.» [5]ئەوانیش هاتنە پێش و بە کراسەکانیان هەڵیانگرتن بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە، هەروەك موسا گوتی.

[6]هەروەها موسا بە هارون و ئەلعازار و ئیتاماری کوڕەکانی هارونی گوت: «سەرتان ڕووت مەکەن و جلەکانتان مەدڕێنن، نەوەك بمرن و تووڕەیی یەزدان بێتە سەر هەموو کۆمەڵ. بەڵام کەسوکارتان، هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل بۆ ئەوانە بگریێنن کە یەزدان بە ئاگر لەناوی بردوون. [7]لە دەروازەی چادری چاوپێکەوتنیش دەرمەچن، نەوەك بمرن،

چونکە زەیتی دەستنیشانکردنی یەزدان لەسەرتانە.» ئەوانیش بەگوێرەی قسەکەی موسایان کرد.

٨هەروەها یەزدان بە هارونی فەرموو: ٩«شەراب و مەی مەخۆرەوە، خۆت و کوڕەکانیشت، لە کاتی چوونە ژوورەوەتان بۆ ناو چادری چاوپێکەوتن، نەوەك بمرن. ئەمە فەرزێکی هەتاهەتاییە نەوە دوای نەوە، ١٠بۆ ئەوەی بتوانن لەنێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو و لەنێوان پاك و گڵاو جیاکاری بکەن، ١١هەروەها بۆ ئەوەی نەوەی ئیسرائیل دەربارەی هەموو فەرزەکان فێر بکەن کە یەزدان لە ڕێگەی موساوە لەگەڵیاندا دوا.»

١٢موساش بە هارونی برای و دوو کوڕەکەی هارون، ئەلعازار و ئیتامار کە مابوونەوە گوتی: «ئەو پێشکەشکراوە دانەوێڵەیەی لە قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان ماوەتەوە، ببەن و لەتەنیشت قوربانگاکە بەبێ هەویرترش بیخۆن، چونکە هەرەپیرۆزە. ١٣لە شوێنێکی پیرۆز بیخۆن، چونکە بەشی تۆ و بەشی کوڕەکانتە لە قوربانییە بە ئاگرەکانی بۆ یەزدان، چونکە من بەو شێوەیە فەرمانم داوە. ١٤بەڵام سنگی بەرزکراوە و ڕانی پێشکەشکراو لە شوێنێکی پاك دەخۆن، خۆت و کوڕەکانت و کچەکانت، چونکە کراون بە بەشی تۆ و بەشی کوڕەکانت لە قوربانییەکانی هاوبەشی نەوەی ئیسرائیل. ١٥ڕانی پێشکەشکراو و سنگی بەرزکراوە لەگەڵ پیوەکانی قوربانی بە ئاگر دەهێنن، هەتا لەبەردەم یەزدان وەك قوربانی بەرزکردنەوە بەرز بکرێنەوە. ئەمانە بۆ تۆ و بۆ کوڕەکانت دەبن کە لەگەڵتدان، بەشێکی چەسپاوە، هەروەك یەزدان فەرمانی دا.»

١٦کاتێك موسا داوای گیسکەکەی قوربانی گوناهی کرد و بینی وا سووتاوە، لە ئەلعازار و ئیتامار تووڕە بوو، دوو کوڕەکەی هارون کە مابوونەوە، گوتی: ١٧«بۆچی قوربانییەکەی گوناهتان لە پیرۆزگادا نەخوارد؟ بێگومان کە هەرەپیرۆزە و پێتان دراوە بۆ ئەوەی تاوانی کۆمەڵەکە هەڵبگرن بۆ کەفارەت بۆیان لەبەردەم یەزدان، ١٨لەو کاتەوە خوێنەکەی بۆ ژوورەوەی شوێنی پیرۆز نەهێنرا، بێگومان دەبووایە لە پیرۆزگا بیخۆن، هەروەك فەرمانم داوە.»

١٩هارون وەڵامی موسای دایەوە: «ئەوان ئەمڕۆ قوربانی گوناهە و قوربانی سووتاندنیان لەبەردەم یەزدان پێشکەش کرد و شتێکی وام تووش بوو. ئەگەر ئەمڕۆ من لە قوربانی گوناهم بخواردایە، ئایا لەبەرچاوی یەزدان ئەمە پەسەند دەبوو؟» ٢٠کە موسا گوێی لەمە بوو، لەبەرچاوی پەسەند بوو.

## ئاژەڵە پاکەکان و ئاژەڵە ناپاکەکان

١١ هەروەها یەزدان لەگەڵ موسا و هارون دوا و پێی فەرموون: ٢«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێن و بڵێن: "ئەوانە ئەو گیانلەبەرانەن کە دەیانخۆن، لە هەموو ئاژەڵەکانی سەر زەوی: ٣هەر ئاژەڵێك کە سمی دوو کەرت بێت و کاوێژ بکات، ئەوە دەخۆن.

٤«"لەوانەی تەنها کاوێژ دەکەن یان تەنها سمیان دوو کەرتە، ئەمانە ناخۆن: وشتر، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتان؛ ٥هەروەها گۆڕهەڵکەنە، چونکە کاوێژ دەکات، بەڵام سمی کەرت نییە، گڵاوە بۆتان؛ ٦کەروێشك، چونکە کاوێژ دەکات بەڵام سمی دوو کەرت نییە، بۆیە گڵاوە بۆتان؛ ٧بەراز، چونکە سمی کەرت کراوە، بەڵام کاوێژ ناکات، بۆیە گڵاوە بۆتان. ٨نە گۆشتیان بخۆن و نە دەست لە کەلاکیان بدەن، چونکە گڵاوە بۆتان.

٩«"لە هەموو ئەوانەی لەناو ئاوەکانیشن ئەمانە دەخۆن، هەموو ئەوانەی باڵ و پوولەکەیان هەبێت لەناو ئاوەکان، لەناو دەریاکان و لەناو ڕووبارەکان، ئەوانە دەخۆن. ١٠بەڵام هەموو ئەوەی باڵ و پوولەکەی نەبێت لەناو دەریاکان و ڕووبارەکان، لە هەموو خشۆکەکانی ناو ئاوەکان و هەموو زیندەوەرێکی ناو ئاوەکان، قێزەونە بۆتان. ١١بۆتان قێزەون دەبێت، لە گۆشتەکەی ناخۆن و قێزتان لە کەلاکەکەی دەبێتەوە. ١٢هەموو ئەوەی باڵ و پوولەکەی نەبێت لەناو ئاوەکان، بۆتان قێزەونە.

[١٣]«”لە باڵندەکانیش، قێزتان لەمانە دەبێتەوە، ناخورێن، قێزەونن، هەڵۆ و سیسارکە کەچەڵ و دالاش، [١٤]واشەی سوور و هەموو جۆرەکانی واشەی ڕەش، [١٥]هەموو جۆرەکانی قەلەڕەش، [١٦]کوندەپەپووی شاخدار و بایەقووش[a]، مەلی دەریا، هەموو جۆرەکانی باز، [١٧]کوندەپەپووی بچووك، مەلی ماسیگرە، کوندەپەپووی گەورە، [١٨]کوندەپەپووی سپی و کوندەپەپووی بیابان، واشەی ماسیگر، [١٩]لەقلەق و هەموو جۆرەکانی شاهۆ و پەپوولەسلێمانکە و شەمشەمەکوێرە.

[٢٠]«”هەموو مێرووێکی باڵدار کە لەسەر چوار پێ بڕوات بۆ ئێوە قێزەونە. [٢١]لەنێو هەموو مێرووێکی باڵدار کە لەسەر چوار پێ دەڕوات تەنها ئەمانە دەخۆن، ئەوەی دوو لاقی نوشتاوەی هەیە لەسەر قاچەکانی و پێیان هەڵدەبەزێتەوە لەسەر زەوی، [٢٢]ئەمە بە هەموو جۆرەکانییەوە دەخۆن: کوللە و سۆلام[b] و بێوکە[c] و پێکوڕە. [٢٣]بەڵام ئەوانی دیکە هەر مێرووێکی باڵدار کە چوارپێی هەبێت قێزەونە بۆتان.

[٢٤]«”بەمانە گڵاو دەبن، هەرکەسێك دەست لە کەلاکیان بدات یان بەر کەلاکیان بکەوێت، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، [٢٥]هەر یەکێك کەلاکیان هەڵبگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

[٢٦]«”هەموو ئەو ئاژەڵانەش کە سمیان بە تەواوی شەق نەبێت، یان کاوێژ نەکات، ئەوا گڵاوە بۆتان و هەرکەسێك دەست لە کەلاکی هەر یەکێکیان بدات یان بەر کەلاکی هەر یەکێکیان بکەوێت ئەوا گڵاو دەبێت. [٢٧]هەر ئاژەڵێکیش لە چوار پێیەکان کە لەسەر ناولەپی بڕوات، گڵاوە بۆتان و هەرکەسێك دەست لە کەلاکیان بدات یان بەر کەلاکیان بکەوێت، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، [٢٨]هەرکەسێك کەلاکیان هەڵبگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، ئەوە گڵاوە بۆتان.

[٢٩]«”ئەمەش گڵاوە بۆتان لەوانەی لەسەر زەوی دەخشێن، ڕاسۆ[d]، جرج[e]، مارمێلکە بە هەموو جۆرەکانییەوە، [٣٠]قومقمۆکە، بزنمژ، شەوگەرد، مارمێلکەی خشۆك و کامیلۆن. [٣١]ئەمانە گڵاوەکانن بۆتان لە هەموو خشۆکەکان، هەرکەسێك دەستیان لێ بدات یان بەریان بکەوێت دوای مرداربوونیان، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٣٢]هەر شتێکیش یەکێك لەوانەی کەوتە سەری کە مردبوو، ئەو شتە گڵاو دەبێت، لە هەر شتێك، دار بێت یان قوماش یان پێست یان گوش[f]، هەر شتێك کە کاری پێ بکرێت، دەخرێتە ناو ئاوەوە و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت و پاشان پاك دەبێتەوە. [٣٣]هەر دەفرێکی[g] گڵێنیش ئەمانەی بکەوێتە ناوی، هەرچی تێیدایە گڵاو دەبێت و دەفرەکەش دەشکێنن. [٣٤]هەر خواردنێکیش کە بخورێت، لەو دەفرەیە ئاوی بەسەردا بکرێت، گڵاو دەبێت. هەر خواردنەوەیەکیش کە لەو دەفرەیە بخورێتەوە، گڵاو دەبێت. [٣٥]هەر شتێك کەلاکی یەکێك لەوانەی تێبکەوێت، گڵاو دەبێت، ئەگەر تەنوور بێت یان ئاگردان، دەبێت تێکبدرێت، ئەوە گڵاوە و بۆ ئێوە گڵاو دەبێت. [٣٦]تەنها کانی و ئەمباراو کە ئاویان تێدا کۆدەبێتەوە، ئەوان پاك دەبن، بەڵام هەرکەسێك دەست لە کەلاکی هەر یەکێکیان بدات یان بەر کەلاکی هەر یەکێکیان بکەوێت، ئەوا گڵاو دەبێت. [٣٧]ئەگەر کەلاکی یەکێکیان کەوتە سەر هەر تۆوێك کە بچێنرێت، ئەوا تۆوەکە پاکە، [٣٨]بەڵام ئەگەر ئاو لەسەر تۆوەکە هەبوو و کەلاکی یەکێکیانی کەوتە سەر، گڵاوە بۆتان.

---

[a] ١٦ بایەقووش: جۆرێکە لە کوندەپەپوو.

[b] ٢٢ سۆلام: باڵدارێکی بچووکی ڕەنگ سەوزە، وەك بێوکە لە شەودا چالاکە و لە ڕۆژدا بەهۆی لێکچوونی لەگەڵ گەڵا، لەژێر گەڵاکاندا خۆی حەشار دەدات.

[c] ٢٢ بێوکە: لە شێوەی کوللەیە و بچووکە، لە شوێنی شێدار دەژێیت، ئێواران زیکەزیك دەکات.

[d] ٢٩ ڕاسۆ یان مشکی خورما: گیاندارێکی گۆشتخۆری درێژکۆڵەی قاچ کورتی کلك تووکن و درێژە.

[e] ٢٩ یان جورج.

[f] ٣٢ ڕیشاڵی ڕووەك بۆ دروستکردنی گوش و گونییە بەکارهاتووە، کە لەو سەردەمە بەرگی ماتەمی لێ دروستدەکرا.

[g] ٣٣ جام یان دەوری بۆ پێداویستی خواردن.

[٣٩]«”ئەگەر یەکێك لەو ئاژەڵانەی کە خواردنە بۆتان مرد، هەرکەسێك دەست لە کەلاکی بدات یان بەر کەلاکی بکەوێت، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٤٠]هەر یەکێکیش لە کەلاکەکەی بخوات، ئەوا جلەکانی دەشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، هەر یەکێکیش کەلاکەکەی هەڵبگرێت، ئەوا جلەکانی دەشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

[٤١]«”هەموو خشۆکێکیش کە لەسەر زەوی دەخشێت، ئەوە قێزەونە و ناخورێت. [٤٢]هەرچی لەسەر سکی بڕوات و هەرچی لەسەر چوارپێ بڕوات لەگەڵ هەموو ئەوەی پێی زیاترە، لە هەموو خشۆکەکان کە لەسەر زەوی دەخشێن مەیخۆن، چونکە قێزەونە بۆتان. [٤٣]خۆتان پیس مەکەن بە خشۆکێك کە دەخشێت، خۆتانی پێ گڵاو مەکەن و پێی گڵاو مەبن. [٤٤]من یەزدانی پەروەردگارتانم، خۆتان تەرخان بکەن و پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم. خۆتان بە خشۆکێك کە لەسەر زەوی دەخشێت گڵاو مەکەن. [٤٥]من یەزدانم ئەوەی کە لە خاکی میسرەوە دەریهێنان بۆ ئەوەی ببێتە خوداتان، کەواتە پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم.

[٤٦]«”ئەمانە ڕێنماییەکانن دەربارەی ئاژەڵ و باڵندەکان و هەموو گیانلەبەرێك کە لەناو ئاو دەجوڵێت و هەموو گیانێك کە لەسەر زەوی دەخشێت. [٤٧]پێویستە گڵاو و پاك و ئەو زیندەوەرانەی دەخورێن و ئەو زیندەوەرانەی ناخورێن لێك جیا بکەنەوە.“»

## پاکبوونەوەی ژنان لەدوای منداڵبوون

١٢ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”ئەگەر ژنێك سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، ئەوا بەپێی ڕێوڕەسم بۆ حەوت ڕۆژ گڵاو[a] دەبێت، هەروەك لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەی گڵاو دەبێت. [٣]لە ڕۆژی هەشتەمدا کۆرپەکە خەتەنە دەکرێت، [٤]ئینجا دایکەکە سی و سێ ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە هەتا لە خوێن لێچوونەکەی پاك ببێتەوە، بەر هیچ شتێکی پیرۆز ناکەوێت و بۆ پیرۆزگا ناچێت، هەتا ڕۆژانی پاکبوونەوەی تەواو دەبێت. [٥]ئەگەر کچی بوو، ئەوا دوو هەفتە پاك نابێت، هەروەك لە خوێنلێچوونی بێت، ئینجا شەست و شەش ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە، هەتا لە زەیستانییەکەی[b] پاك ببێتەوە.

[٦]«”کاتێك ڕۆژانی پاکبوونەوەی[c] تەواو بوو، ئەگەر کوڕی بووبێت یان کچ، ئەوا بەرخێکی یەك ساڵە وەك قوربانی سووتاندن و بێچووە کۆترێك یان کوکوختییەك وەك قوربانی گوناه[d] دەهێنێتە بەر دەروازەی چادری چاوپێکەوتن بۆ کاهینەکە. [٧]ئەویش لەبەردەم یەزدان پێشکەشی دەکات و کەفارەتی بۆ دەکات، ئینجا بەپێی ڕێوڕەسم لە خوێن لێچوونەکەی پاك دەبێتەوە.[e]

---

[a] ٢ لە پەیمانی کۆن خوێن بە پیرۆز هەژمارد کراوە، بەڵام کاتێك ئافرەت دەکەوتە سووڕی مانگانە و خوێنی لێ دەرچوو، ئەو ماوەیە ئافرەتەکە بە گڵاو هەژمارد دەکرا. خۆشبەختانە لە پەیمانی نوێ بەهۆی عیسای مەسیحەوە بە پاك دادەنرێت. بڕوانە مەرقۆس ٧:١٧-٢٣.

[b] ٥ زەیستانی: منداڵبوون نابێتە هۆی گڵاوی، بەڵام مەبەستی پاکبوونەوەیە لە خوێنی زەیستانی.

[c] ٦ مریەم لە کاتی لەدایکبوونی عیسا ئەم نەریتەی جێبەجێ کرد، بڕوانە لۆقا ٢:٢٢-٢٤.

[d] ٦ قوربانی گوناه: پێشکەشکردنی قوربانی لە پێناو گوناه یاخود تاوان، کاریگەری هەیە لەسەر دووبارە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ ناو ژیانی خواپەرستی.

[e] ٧ لە زمان و کەلتوری عیبری خوێن هێمای ژیانە، ژیانیش لەلایەن یەزدانەوە پیرۆزکراوە کە بەخشیویەتی. لەبەر ئەو هۆکارە بووە کە جولەکەکان ڕێگەیان نەدابوو بە خواردنی گۆشت کە خوێنی تێدابێت. (پەیدابوون ٩:٤) هەموو لێچوونێکی خوێنیش پێویست بوو بە باشترین شێوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. لەبەر ئەوە کوشتار و خوێنڕشتن بە کۆتایی پێهێنانی ژیان زانراوە، بۆیە لەلایەن یەزدانەوە پێویستی بە لێپرسینەوە هەیە (پەیدابوون ٩:٥).

«”ئەوە ڕێنماییە بۆ ئەو ژنەی کوڕ یان کچی دەبێت. ٨بەڵام ئەگەر دەستکورت بوو بەرخێك بهێنێت، ئەوا دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر، یەکێکیان بۆ قوربانی سووتاندن و ئەوی دیکە بۆ قوربانی گوناه، بەم شێوەیە کاهینەکە کەفارەتی بۆ دەکات و پاك دەبێتەوە.“»

## ڕێنمایی دەربارەی نەخۆشی گواستراوەی پێست

١٣ هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: ٢«ئەگەر کەسێك ئاوسانێك، یان لیرێك یان لەکەیەکی بریقەدار لەسەر پێستی لەشی هەبوو، کە گومانی نەخۆشی گواستراوەی پێستی[a] لێ بکرێت، ئەوا ئەو کەسە دەهێنرێتە لای هارونی کاهین، یان یەکێك لە کوڕە کاهینەکانی. ٣ئەگەر کاهینەکە پشکنی زامەکە لە پێستی لەشە و ئەو مووانەی لەناو زامەکەن سپین و زامەکە لە پێستی لەش قووڵترە، ئەوە نەخۆشی گواستراوەی پێستە. کاتێك کاهینەکە پشکنی، بەپێی ڕێوڕەسم ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە. ٤بەڵام ئەگەر لەکەیەکی بریقەداری سپی بوو لە پێستی لەش و لە پێست قووڵتر نەبوو و ئەو مووانەی لەناو لەکەکەن سپی نەببوون، ئەوا کاهینەکە کەسی تووشبوو حەوت ڕۆژ لە خەڵك جیای دەکاتەوە. ٥ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەم پشکنینی بۆ ئەنجام دا و بینی زامەکە وەك خۆیەتی و لە پێستی تەشەنەی نەکردووە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژی دیکەش جیای دەکاتەوە. ٦ئەگەر کاهینەکە دووبارە لە ڕۆژی حەوتەم پشکنینی بۆ ئەنجام دا و بینییەوە و زامەکە کاڵ بووەتەوە و لە پێستی تەشەنەی نەکردووە، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە پاکە، واتە ئەوە لیرە. ئەو کەسە جلەکانی دەشوات و پاك دەبێت. ٧بەڵام ئەگەر لیرەکە لە پێستی تەشەنەی کرد لەدوای ئەوەی پیشانی کاهینەکە درا بۆ پاككردنەوەی، دەبێت دیسان پیشانی کاهینەکە بدرێتەوە. ٨ئەگەر کاهینەکە پشکنی لیرەکە لە پێستی تەشەنەی کردووە، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە ئەو کەسە گڵاو بووە، ئەوە نەخۆشییەکی گواستراوەیە.

٩«ئەگەر کەسێك نەخۆشی گواستراوەی پێستی هەبێت، ئەوا دەهێنرێتە لای کاهین. ١٠ئەگەر کاهینەکە پشکنینی بۆ ئەنجام دا و بینی ئاوسانێکی سپی لە پێست هەیە و مووی سپی کردووە و لە شوێنی ئاوسانەکە گۆشتی ڕووت بە دەرەوەیە، ١١ئەوا نەخۆشی پێستی درێژخایەنە لە پێستی لەشی، ئیتر کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، دوورەپەرێزی ناکات، چونکە گڵاوە.

١٢«بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکە تەشەنەی کردبێت و هەموو پێستی داگرتبوو، لە سەرییەوە هەتا پێیەکانی، بەگوێرەی هەموو ئەوەی چاوی کاهینەکە دەیبینێت، ١٣کاهینەکە پشکنینی بۆ ئەنجام دا و بینی وا نەخۆشییەکە هەموو لەشی داگرتووە، ئەوا ڕایدەگەیەنێت کە تووشبووەکە پاکە، لەو کاتەوە هەمووی سپی بووە، ئەوە پاکە. ١٤بەڵام هەر کاتێك گۆشتی ڕووتی تێدا بینی، ئەوا گڵاو دەبێت. ١٥کاتێك کاهینەکە گۆشتە ڕووتەکەی بینی، ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە. گۆشتی ڕووت گڵاوە، ئەوا کەسەکە نەخۆشییەکی گواستراوەی هەیە. ١٦ئەگەر گۆشتە ڕووتەکە جارێکی دیکە سپی بووبێتەوە، ئەوا دێتەوە لای کاهینەکە. ١٧ئینجا کە کاهینەکە پشکنی وا شوێنە تووشبووەکە سپی بووە، کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە تووشبووەکە پاکە، ئەوا کەسەکە پاکە.

١٨«ئەگەر کەسێك لە پێستەکەی دوومەڵێك بووبێت و چاك بووبێتەوە، ١٩لە شوێنی دوومەڵەکەش ئاوسانێکی سپی یان لەکەیەکی بریقەداری سپی سوورباو هەبێت، ئەوا پیشانی کاهینەکە دەدرێت. ٢٠ئەگەر کاهینەکە پشکنی لە پێست قووڵترە و مووەکانی سپی بووە، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە. ئەوە نەخۆشی گواستراوەی پێستە کە لە دوومەڵەکە بڵاوبووەتەوە. ٢١بەڵام ئەگەر کاهینەکە پشکنی مووی سپی تێدا نییە و لە پێست قووڵتر

---

[a] ٢ نەخۆشی گواستراوەی پێست: لە زمانی عیبری بە واتای گەڕوگولی و چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست دێت.

نییە و ڕەنگی ئاساییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ جیای دەکاتەوە، [٢٢]بەڵام ئەگەر لە پێست تەشەنەی کردبێت، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، ئەوە گواستراوەیە. [٢٣]بەڵام ئەگەر لەکە بریقەدارەکە لە شوێنی خۆی مایەوە و تەشەنەی نەکردووە، ئەوە شوێنەواری دومەڵەکەیە و کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە پاکە.

[٢٤]«ئەگەر کەسێك لە پێستیدا شوێنێکی سووتاوی بە ئاگر هەبێت، گۆشتە ڕووتەکەی شوێنە سووتاوەکە لەکەیەکی بریقەداری سپی سوورباو یان سپی هەبێت، [٢٥]کاهینەکە پشکنی وا مووی لەکە بریقەدارەکە سپی بووە و لە پێست قووڵترە، ئەوە نەخۆشییەکی گواستراوەیە و لە شوێنە سووتاوەکە بڵاوبووەتەوە. کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، ئەوە نەخۆشی گواستراوەی پێستە. [٢٦]بەڵام ئەگەر کاهینەکە پشکنی لە لەکە بریقەدارەکە مووی سپی نییە و لە پێست قووڵتر نییە و ڕەنگی ئاساییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ جیای دەکاتەوە. [٢٧]کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەم دەیبینێت، ئەگەر بە پێستدا تەشەنەی کردبێت، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، ئەوە نەخۆشی گواستراوەی پێستە. [٢٨]بەڵام ئەگەر لەکە بریقەدارەکە لە شوێنی خۆی مایەوە و لە پێست تەشەنەی نەکردبێت و ڕەنگی ئاسایی بوو، ئەوا ئاوسانی سووتانەکەیە، کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە پاکە، چونکە شوێنەواری سووتانەکەیە.

[٢٩]«هەروەها ئەگەر ئافرەتێك یان پیاوێك زامێك لە سەری یان لە چەناگەی هەبێت، [٣٠]کاهینەکە زامەکەی پشکنی وا لە پێست قووڵترە و مووی زەردی وردی تێدایە، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، ئەوە کەچەڵییە، ئەوە نەخۆشی گواستراوەی سەر یان چەناگەیە. [٣١]بەڵام ئەگەر کاهینەکە پشکنی تووشبوون بە کەچەڵییەکە لە پێست قووڵتر نییە، بەڵام مووی ڕەشی تێدا نییە، ئەوا کاهینەکە حەوت ڕۆژ کەسی تووشبوو جیا دەکاتەوە. [٣٢]ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەم کەچەڵییەکەی پشکنی، وا تەشەنەی نەکردووە و مووی زەردی تێدا نییە و کەچەڵییەکە لە پێست قووڵتر نییە، [٣٣]با بتاشرێت، بەڵام کەچەڵییەکە نا، کاهینەکەش حەوت ڕۆژی دیکە کەسی تووشبوو جیا دەکاتەوە. [٣٤]ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەم کەچەڵییەکەی پشکنی، وا کەچەڵییەکە لە پێستدا تەشەنەی نەکردووە و لە پێست قووڵتر نییە، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە کەسی تووشبوو پاکە، جا جلەکانی دەشوات و پاك دەبێت. [٣٥]بەڵام ئەگەر کەچەڵییەکە لە پێستدا تەشەنەی کردبێت لەدوای ئەوەی ڕاگەیەنرا کە پاکە، [٣٦]کاهینەکەش پشکنی وا کەچەڵییەکە لە پێست تەشەنەی کردووە، ئەوا کاهینەکە لەدوای مووی زەرد ناگەڕێت، ئەوە گڵاوە. [٣٧]بەڵام ئەگەر وەك خۆی مایەوە و مووی ڕەشی تێدا ڕوا، ئەوا کەچەڵییەکە چاك بووەتەوە، ئەوە پاکە و کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت کە پاکە.

[٣٨]«ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك لە پێستیدا لەکەی سپی هەبوو، [٣٩]کاهینەکەش پشکنی ئەوا لە پێستی لەشی لەکەی ڕەنگ ئاسایی سپی هەیە، ئەوە لیری بێ زیانە، لە پێستدا تەشەنەی کردووە، ئەوا کەسەکە پاکە.

[٤٠]«ئەگەر کەسێك مووی سەری ڕووتایەوە، ئەوە کەچەڵە، ئەو پاکە. [٤١]ئەگەر مووی سەری لەلای پێشەوە ڕووتایەوە، ئەوە سەر ڕووتاوە، ئەو پاکە. [٤٢]بەڵام ئەگەر لە کەچەڵییەکە یان ڕووتاوییەکە لەکەی سپی سوورباو هەبوو، ئەوا نەخۆشی گواستراوەیە و لە کەچەڵییەکەی یان ڕووتاوییەکەی تەشەنەی کردووە. [٤٣]ئەگەر کاهینەکە ئەوەی پشکنی و بینی وا ئاوساوی تووشبوونەکە سپی سوورباوە لە کەچەڵییەکەی یان لە ڕووتاوییەکەی وەك نەخۆشی گواستراوەی پێست، [٤٤]ئەوە کەسێکی نەخۆش و گڵاوە. کاهینەکەش ڕایدەگەیەنێت کە گڵاوە، سەری تووش بووە.

[٤٥]«ئەو کەسە تووش بووە، جلی دڕاو لەبەر دەکات و سەری دانەپۆشراو دەبێت و سمێڵی دادەپۆشێت و هاوار دەکات: "گڵاو! گڵاو!" [٤٦]هەموو ئەو ڕۆژانەی

نەخۆشییەکەی پێوەیە گڵاو دەبێت، گڵاوە و بە تەنها دەژییێت، دەرەوەی ئۆردوگا دەبێتە جێی مانەوەی.

## ڕێنمایی سەبارەت بە کەڕوولێدان

٤٧«بەڵام ئەگەر جلوبەرگێك کەڕوو لێی دابوو، جلوبەرگی خوری یان کەتان، ٤٨ئەوەی ڕستراو بێت یان چنراو، لە کەتان و لە خوری، یان لە چەرم[a]، یان لە هەر دروستکراوێك لە چەرم، ٤٩لێدانەکەش[b] سەوزباو یان سوورباو بوو، لە جلەکە یان لە چەرمەکە، لە ڕستراو یان لە چنراو یان لە هەر شتێك لە چەرم بێت، ئەوە لێدانی کەڕووە، جا پیشانی کاهین دەدرێت. ٥٠کاهینەکەش کەڕووەکە دەپشکنێت و لێدراوە تووشبووەکە حەوت ڕۆژ جیا دەکاتەوە. ٥١جا کە لە ڕۆژی حەوتەم لێدانەکەی پشکنی وا لە جلەکە بڵاوبووەتەوە، لە ڕستراو یان لە چنراو یان لە چەرم، لە هەموو ئەوانەی لە چەرم دروستدەکرێت بۆ بەکارهێنان، ئەوا لێدانەکە کەڕووە و زیان بەخشە، گڵاوە. ٥٢جا جلەکە یان ڕستراوەکە یان چنراوەکە لە خوری بێت یان کەتان یان لە هەر شتێکی چەرم دەیسووتێنێت، ئەوەی لێدانەکەی تێدایە، چونکە کەڕووی زیان بەخشە بە ئاگر دەسووتێنرێ.

٥٣«بەڵام ئەگەر کاهینەکە پشکنی وا کەڕووەکە لە جلەکە یان ڕستراوەکە یان چنراوەکە یان شتە چەرمەکە بڵاونەبووەتەوە، ٥٤ئەوا کاهینەکە فەرمان دەدات ئەوەی لێدانەکەی تێدایە بشۆن و حەوت ڕۆژی دیکە جیای دەکاتەوە. ٥٥ئەگەر کاهینەکە دوای شوشتنی لێدانەکە پشکنی کەڕووەکە دیمەنی نەگۆڕاوە و بڵاونەبووەتەوە، ئەوا گڵاوە. دەبێت بە ئاگر بیسووتێنیت، جا لەناوەوەی بێت یان لە دەرەوەی. ٥٦بەڵام ئەگەر کاهینەکە پشکنی شوێنی کەڕووەکە ڕەنگی ئاساییە پاش شوشتنی، ئەوا لە جلەکە یان چەرمەکە، ڕستراوەکە یان چنراوەکە دەیدڕێنێت. ٥٧بەڵام ئەگەر لە جلەکە، لە ڕستراوەکە یان چنراوەکە یان لە شتە چەرمەکە دەرکەوتەوە، ئەوا بڵاوبووەتەوە، ئەوەی کەڕووەکەی تێدایە بە ئاگر دەیسووتێنێت. ٥٨بەڵام هەر جلێك، ڕستراو یان چنراو، یان شتێکی چەرم، ئەوەی دەیشۆیت و کەڕووەکەی تێدا نامێنێت، ئەوا دووبارە دەشۆردرێتەوە و پاك دەبێتەوە.»

٥٩ئەوانە ڕێنماییەکان بوون دەربارەی کەڕوولێدان، لە جلی خوری یان لە کەتان، لە ڕستراو یان لە چنراو یان هەر شتێکی چەرم، بۆ ڕاگەیاندن کە پاکە یان گڵاوە.

## پاکبوونەوە لە نەخۆشی گواستراوەی پێست

١٤ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«ئەمانە ڕێنماییەکانن دەربارەی ڕێوڕەسمی[c] پاکبوونەوە. کاتێك نەخۆشەکە دەهێنرێتە لای کاهین، ٣کاهینەکەش دەچێتە دەرەوەی ئۆردوگاکە، جا ئەگەر کاهینەکە پشکنی کەسەکە چاك بووەتەوە لە نەخۆشی گواستراوەی پێست، ٤کاهینەکە فەرمان دەدات کە دوو چۆلەکەی زیندووی پاك بۆ ئەو کەسەی کە پاك دەبێتەوە ببەن لەگەڵ پارچە دارێکی ئورز و بەنی سووری ئاڵ و زوفا. ٥ئینجا کاهینەکە فەرمان دەدات کە یەکێك لە چۆلەکەکان لە گۆزەیەکی گڵین لەسەر ئاوێکی سازگار سەربڕدرێت. ٦بەڵام چۆلەکە زیندووەکە لەگەڵ پارچە دارە ئورزەکە و بەنە سوورە ئاڵەکە و زوفاکە دەبات و دەیانخاتە ناو خوێنی چۆلەکە سەربڕدراوەکەی سەر ئاوە سازگارەکە. ٧حەوت جار بەسەر ئەو کەسەدا دەیپرژێنێت کە لە نەخۆشییە گواستراوەکە پاك دەبێتەوە و پاکی دەکاتەوە، ئینجا چۆلەکە زیندووەکە ڕووەو دەشتودەر بەڕەڵا دەکات.

٨«جا ئەو کەسەی کە پاك دەبێتەوە پێویستە جلەکانی بشوات و هەموو مووی لەشی بتاشێت و بە ئاو خۆی بشوات. ئەو کاتە بەپێی ڕێوڕەسم پاك دەبێتەوە، ئینجا دێتە ناو ئۆردوگاکەوە، بەڵام حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی چادرەکەی نیشتەجێ دەبێت. ٩لە

[a] ٤٨ چەرم: واتە پێستی خۆشکراو، شتومەکی لە چەرم دروستکراو.

[b] ٤٩ بۆ ئەو شتانەی کە کەڕووی هەڵهێناوە، واتە پیس بوون.

[c] ٢ ڕێوڕەسم: مەبەست لە ڕێوڕەسم یان مەراسیمی ئایینی.

ڕۆژی حەوتەم سەری و ڕیشی و برۆکانی و هەموو مووەکانی دەتاشێت، پێویستە جلەکانیشی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات، جا پاك دەبێتەوە.

[١٠]«ئینجا لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو بەرخی نێری ساغ و بەرخێکی مێیەی یەك ساڵەی ساغ دەهێنێت، لەگەڵ سێ لە دەی ئێفەیەك[a] لە باشترین ئاردی پێشکەشکراوی دانەوێڵە کە بە زەیت شێلرابێت و هەروەها لۆگێك[b] زەیت. [١١]جا ئەو کاهینەی بە پاککردنەوەکە هەڵدەستێت، کەسە پاکبووەوەکە لەگەڵ قوربانی و پێشکەشکراوەکانی لەبەردەم یەزدان، لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن ڕادەگرێت.

[١٢]«ئینجا کاهینەکە یەکێك لە بەرخە نێرەکان دەبات و وەك قوربانی تاوان پێشکەشی دەکات لەگەڵ لۆگە زەیتەکە، لەبەردەم یەزدان بەرزی دەکاتەوە، وەك قوربانی بەرزکردنەوە. [١٣]بەرخەکەش لەو شوێنە سەردەبڕێت کە قوربانی گوناه و قوربانی سووتاندنی تێدا سەردەبڕدرێت، لە پیرۆزگا، چونکە قوربانی تاوان وەك قوربانی گوناه بۆ کاهینە و هەرەپیرۆزە. [١٤]ئینجا کاهینەکە لە خوێنی قوربانییەکەی تاوان دەبات و لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستەی ئەو کەسەی دەدات کە پاك دەبێتەوە. [١٥]پاشان کاهینەکە لە لۆگە زەیتەکە هەندێك دەبات و دەیکاتە ناو لەپی دەستی چەپی خۆی، [١٦]ئینجا کاهینەکە پەنجەیەکی دەستی ڕاستی دەکاتە ناو ئەو زەیتەی ناو لەپی دەستی چەپییەتی و حەوت جار بە پەنجەی زەیتەکە لەبەردەم یەزدان دەپرژێنێت. [١٧]ئەوەی دەمێنێتەوە لەو زەیتەی ناو لەپی دەستی، کاهینەکە لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی ئەو کەسەی دەدات کە پاك دەبێتەوە، لەسەر خوێنەکەی قوربانی تاوان. [١٨]ئەوەی دەشمێنێتەوە لەو زەیتەی ناو لەپی دەستی، دەیکات بەسەر سەری ئەو

[a] ١٠ نزیکەی شەش لیتر و نیو.

[b] ١٠ نزیکەی ٠،٣ لیتر.

کەسەی کە پاك دەبێتەوە و کاهینەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەتی بۆ دەکات.

[١٩]«ئینجا کاهینەکە قوربانی گوناه دەکات و بۆ ئەو کەسەی کە لە گڵاوییەکەی پاك دەبێتەوە کەفارەت دەکات و پاشان قوربانی سووتاندنەکە سەردەبڕێت. [٢٠]دواتر کاهینەکە قوربانی سووتاندنەکە و پێشکەشکراوی دانەوێڵە بۆ سەر قوربانگاکە سەردەخات و کەفارەتی بۆ دەکات، جا پاك دەبێتەوە.

[٢١]«بەڵام ئەگەر هەژار و دەستکورت بوو، ئەوا یەك بەرخی نێر دەبات وەك قوربانی تاوان ڕادەوەشێنرێت، بۆ کەفارەتکردن بۆی، لەگەڵ دەیەکێکی ئێفەیەك[c] لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و لۆگێك زەیت، [٢٢]هەروەها دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر، بەپێی توانای دەستی، جا یەکێکیان دەبێتە قوربانی گوناه و ئەوەی دیکە قوربانی سووتاندن.

[٢٣]«لە ڕۆژی هەشتەمدا دەیهێنێتە لای کاهینەکە بۆ پاکبوونەوەی، بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن لەبەردەم یەزدان. [٢٤]جا کاهینەکە بەرخەکەی بۆ قوربانی تاوان و لۆگە زەیتەکە دەبات و لەبەردەم یەزدان بەرزی دەکاتەوە وەك قوربانی بەرزکردنەوە. [٢٥]ئینجا بەرخەکە بۆ قوربانی تاوان سەردەبڕێت و کاهینەکە لە خوێنی قوربانییەکەی تاوان لە شلکەی گوێی ڕاستە و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی ئەو کەسەی دەدات کە پاك دەبێتەوە. [٢٦]ئینجا کاهینەکە هەندێك لە زەیتەکە لەناو لەپی دەستی چەپی خۆی دەکات، [٢٧]کاهینەکە بە پەنجەیەکی دەستە ڕاستی لەو زەیتەی لە لەپی دەستی چەپیدایە حەوت جار لەبەردەم یەزدان دەیپرژێنێت. [٢٨]هەروەها کاهینەکە لەو زەیتەی لەناو لەپیەتی، لە شلکەی گوێی ڕاست و پەنجە گەورەی دەستی ڕاست و پەنجە گەورەی پێی ڕاستی ئەو کەسەی دەدات کە پاك دەبێتەوە، لە شوێنی خوێنەکەی قوربانی تاوان. [٢٩]ئەوەی

[c] ٢١ نزیکەی دوو لیتر.

دەمێنێتەوە لەو زەیتەی ناو لەپی کاهینەکە، بەسەر سەری ئەو کەسەی دادەکات کە پاك دەبێتەوە بۆ کەفارەتکردن بۆی لەبەردەم یەزدان. [٣٠]ئینجا یەکێك لە دوو کوکوختییەکە یان یەکێك لە دوو بێچووە کۆترەکان، ئەوەی لە توانای دەستییەتی، [٣١]یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی دیکە قوربانی سووتاندن لەگەڵ پێشکەشکراوەکەی دانەوێڵە، کاهینەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەت بۆ ئەو کەسە دەکات کە پاك دەبێتەوە.»

[٣٢]ئەوە ڕێنماییە بۆ ئەو کەسەی نەخۆشی گواستراوەی پێستی هەبێت، ئەوەی دەستکورت بێت بۆ پاکبوونەوەکەی.

## پاکبوونەوە لە کەڕوو

[٣٣]هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٣٤]«لەو کاتەی کە دەچنە خاکی کەنعان، کە من دەتاندەمێ وەك موڵکی خۆتان، وام کرد ماڵێك لەو خاکە تووشی کەڕوو بێت، [٣٥]ئەوەی خاوەنی ماڵەکەیە دەچێت و بە کاهینەکە دەڵێت: "وابزانم کەڕوو لە ماڵەکەی داوم." [٣٦]کاهینەکەش فەرمان دەدات ماڵەکە چۆڵ بکرێت، پێش چوونە ژوورەوەی کاهینەکە بۆ پشکنینی لێدانەکە، نەوەك هەموو شتەکانی ماڵەکە گڵاو بێت، پاش ئەوە کاهینەکە بۆ پشکنینی ماڵەکە دەچێتە ژوورەوە. [٣٧]جا ئەگەر پشکنی لێدانەکە لە دیوارەکانی ماڵەکەیە و هەڵکراوێکی سەوزباو یان سوورباوە، لە دیوارەکەش قووڵترە، [٣٨]ئەوا کاهینەکە لە ماڵەکە دێتە دەرەوە و بۆ حەوت ڕۆژ ماڵەکە دادەخات. [٣٩]ئەگەر کاهینەکە لە ڕۆژی حەوتەم گەڕایەوە و پشکنی وا لێدانەکە لە دیوارەکانی ماڵەکە بڵاوبووەتەوە، [٤٠]کاهینەکە فەرمان دەدات، ئەو بەردانە دەربهێنن کە لێدانەکەی تێدایە و فڕێیانبدەنە دەرەوەی شارۆچکەکە لە شوێنێکی گڵاو. [٤١]ماڵەکەش لە هەر چواردەوری دیوی ژوورەوە دەڕنن، ئەو خۆڵەش کە دەیڕننەوە، فڕێیدەدەنە دەرەوەی شارۆچکەکە لە شوێنێکی گڵاو. [٤٢]بەردی دیکە دەهێنن و لە شوێنی بەردەکان دایاندەنێن و خۆڵی دیکە دێنن و ماڵەکەی پێ سواخ دەدەنەوە.

[٤٣]«جا ئەگەر لێدانەکە گەڕایەوە و لە ماڵەکە بڵاو بووەوە، لەدوای دەرهێنانی بەردەکان و ڕنینی ماڵەکە و سواخدانەوەی، [٤٤]کاهینەکە هات و پشکنی وا لێدانەکە لە ماڵەکەدا بڵاوبووەتەوە، ئەوا کەڕوویەکی گەندەڵە لە ماڵەکە، ئەوە گڵاوە. [٤٥]جا ماڵەکە تێکدەدات، بەرد و دارەکانی و هەموو خۆڵی ماڵەکە دەباتە دەرەوەی شارۆچکەکە بۆ شوێنێکی گڵاو.

[٤٦]«ئەوەی لە هەموو ڕۆژانی داخستنی ماڵەکە بچێتە ناوی، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، [٤٧]ئەوەی لە ماڵەکە خەوتبێت، ئەوا دەبێت جلەکانی بشوات و ئەوەی لە ماڵەکە نانی خواردبێت ئەوا دەبێت جلەکانی بشوات.

[٤٨]«بەڵام ئەگەر کاهینەکە هات و پشکنی لێدانەکە لە ماڵەکە بڵاو نەبووەتەوە دوای سواخدانەوەکەی، ئەوا کاهینەکە ڕایدەگەیەنێت ماڵەکە پاکە، چونکە لێدانەکە نەماوە. [٤٩]بۆ پاکبوونەوەی ماڵەکە دوو چۆلەکە لەگەڵ پارچە دارێکی ئورز و بەنی سووری ئاڵ و زوفا دەبات. [٥٠]یەکێك لە چۆلەکەکان لە گۆزەیەکی گڵین سەر دەبڕێت، لەسەر ئاوێکی سازگار. [٥١]ئینجا پارچە دارە ئورزەکە و زوفاکە و بەنە سوورە ئاڵەکە و چۆلەکە زیندووەکە دەبات و دەیخاتە ناو خوێنی چۆلەکە سەربڕدراوەکە و ئاوە سازگارەکە، حەوت جار بەسەر ماڵەکەدا دەیپرژێنێت. [٥٢]ئینجا بە خوێنی چۆلەکەکە و ئاوە سازگارەکە و چۆلەکە زیندووەکە و پارچە دارە ئورزەکە و زوفاکە و بەنە سوورە ئاڵەکە ماڵەکە پاك دەکاتەوە. [٥٣]ئینجا چۆلەکە زیندووەکە بۆ دەرەوەی شارۆچکەکە ڕووەو دەشتودەر بەڕەڵای دەکات و کەفارەت بۆ ماڵەکە دەکات، ئیتر پاك دەبێتەوە.»

[٥٤]ئەوە ڕێنماییە بۆ هەموو جۆرە نەخۆشییەکی گواستراوەی پێست و کەچەڵی، [٥٥]کەڕووی جلوبەرگ و ماڵ، [٥٦]ئاوسان و لیر و لەکەی بریقەدار، [٥٧]بۆ یەکلاییکردنەوەی شتێك کە پاك بێت یان گڵاو.

ئەوە ڕێنماییە بۆ نەخۆشی گواستراوەی پێست و کەڕوو.

## لێچوونە گڵاوەکان

١٥ هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێن و پێیان بڵێن: ”هەر پیاوێك لێچوونی هەبێت لە ئەندامی نێرینەی[a]، ئەوا لێچوونەکەی گڵاوە، [٣]ئەم لێچوونەشی دەبێتە هۆی گڵاوبوونی. ئەگەر ئەندامی نێرینەی لێچوونەکەی بەردەوام بێت یان ڕایگرتبوو، ئەوا گڵاوە.

[٤]«”ئەوەی لێچوونەکەی هەیە لەسەر هەر نوێنێك ڕابکشێت، گڵاو دەبێت، لەسەر هەر شتێکیش دانیشێت، گڵاو دەبێت. [٥]ئەوەی دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، [٦]هەرکەسێك لەسەر شتێك دابنیشێت کە کابرای لێچوو لەسەری دانیشتبوو، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات، هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێت.

[٧]«”هەرکەسێك دەستی بەر لەشی کابرای لێچوو بکەوێت، دەبێت جلەکانی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

[٨]«”ئەگەر کابرای لێچوو تفی لە یەکێکی پاك کرد، دەبێت ئەو کەسەی کە پێشتر پاك بووە جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێت.

[٩]«”لە کاتی سواریدا زینەکەی ژێری گڵاو دەبێت، [١٠]هەرکەسێکیش دەستی لێ بدات، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، ئەوەی هەڵیانبگرێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێت.

[١١]«”هەرکەسێکیش کابرای لێچوو دەستی لێ بدات، بێ ئەوەی دەستی بە ئاو بشوات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێت.

[a] ٢ لێرەدا لێچوونەکەی لە ئەنجامی نەخۆشی گواستراوەیە.

[١٢]«”هەر دەفرێکی گڵین کابرای لێچوو دەستی لێ بدات دەشکێنرێت، هەروەها هەر ئامرازێکی داریش بە ئاو دەشۆردرێت.

[١٣]«”ئەگەر کابرای لێچوو لە لێچوونەکەی پاك بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێت بۆ پاکبوونەوەی و جلەکانی دەشوات و بە ئاوی سازگار خۆی دەشوات، جا پاك دەبێتەوە. [١٤]جا لە ڕۆژی هەشتەمدا دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەهێنێت بۆ بەردەم یەزدان بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و دەیاندات بە کاهینەکە. [١٥]کاهینەکە یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی دیکەش قوربانی سووتاندن، کاهینەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەتی بۆ دەکات لە لێچوونەکەی.

[١٦]«”ئەگەر پیاوێك تۆوی لێ هاتە دەرەوە، ئەوا هەموو لەشی بە ئاو دەشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت[b]، [١٧]هەر جلێك یان چەرمێك تۆوی بکەوێتە سەر، دەبێت بە ئاو بشۆردرێت و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [١٨]هەروەها ئەو پیاوەی کە لەگەڵ ژنەکەی ڕابکشێت و پیاوەکە تۆوی لێچوو، ئەوا دەبێت هەردووکیان خۆیان بە ئاو بشۆن و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبن.

[١٩]«”ئەگەر ژنێك خوێنلێچوونی[c] هەبوو، ئەوا حەوت ڕۆژ لە خوێنلێچوونی مانگانەی دەمێنێتەوە و هەرکەسێك دەستی لێ بدات هەتا ئێوارە گڵاو[d] دەبێت.

[٢٠]«”هەموو ئەو شتەی لەسەری ڕادەکشێت یان دادەنیشێت لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو

[b] ١٦ گڵاو دەبێت: واتە لەش پیسبوون، بەپێی مەراسیمی ئایینی دەبێتە هۆی گڵاوبوون.

[c] ١٩ لێرەدا باس لە خوێنلێچوونی سروشتی سووڕی مانگانەی ئافرەت دەکات و پێویستی بە کەفارەتکردن نەدەکرد لەلای کاهین.

[d] ١٩ لە پەیمانی کۆن خوێن بە پیرۆز هەژمارد کراوە، بەڵام کاتێك ئافرەت دەکەوتە سووڕی مانگانە و خوێنی لێ دەرچوو، ئەو ماوەیە ئافرەتەکە بە گڵاو هەژمارد دەکرا. خۆشبەختانە لە پەیمانی نوێ بەهۆی عیسای مەسیحەوە بە پاك دادەنرێت. بڕوانە مەرقۆس ٧:١٧-٢٣.

دەبێت. [٢١] هەرکەسێکیش دەست لە نوێنەکەی بدات، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت. [٢٢] هەرکەسێکیش دەست لە شتێك بدات کە ئەو لەسەری دانیشتبێت، دەبێت جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت؛ [٢٣] ئەگەر نوێن بێت یان هەر شتێك کە لەسەری دانیشتووە، هەر کاتێك کەسێکیش دەستی لێ بدات، ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

[٢٤] «”ئەگەر پیاوێکیش لەگەڵی ڕابکشێت، جا لە خوێن لێچوونەکە بەر پیاوەکە بکەوێت، ئەوا پیاوەکە حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت و لەسەر هەر نوێنێکیش ڕابکشێت، گڵاو دەبێت.

[٢٥] «”ئەگەر ئافرەتێك ماوەیەکی درێژ خوێنی لێچوو[a]، بێجگە لە کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، یان ئەگەر دوای کاتی خوێن لێچوونەکەی هەر بەردەوام بوو، ئەوا هەموو ڕۆژانی خوێن لێچوونەکەی وەك کاتی خوێنلێچوونی مانگانەی، گڵاو دەبێت. [٢٦] هەموو نوێنەکەش کە لەسەری ڕادەکشێت لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی وەك نوێنی ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەیەتی، هەموو ئەو شتانەش کە لەسەری دادەنیشێت، ئەوا گڵاوە وەك گڵاوی خوێنلێچوونی مانگانەی. [٢٧] هەرکەسێکیش دەستیان لێ بدات، گڵاو دەبێت و پێویستە جلەکانی بشوات و بە ئاو خۆی بشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.

[٢٨] «”ئەگەر لە خوێن لێچوونەکەی پاك بووەوە، ئەوا حەوت ڕۆژ دەژمێرێت، ئینجا بەپێی ڕێوڕەسم پاك دەبێتەوە، [٢٩] لە ڕۆژی هەشتەم دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەبات و دەیانهێنێتە لای کاهینەکە، بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن. [٣٠] ئینجا کاهینەکەش یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوی دیکەش قوربانی سووتاندن. کاهینەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەتی بۆ دەکات لە گڵاوی خوێن لێچوونەکەی.

[a] ٢٥ لێرەدا باس لە خوێنلێچوونی ناسروشتی دەکات کە لە ئافرەتدا هەیە، بۆیە پێویستی بە کەفارەتکردن دەکرد لەلای کاهین.

[٣١] «”جا نەوەی ئیسرائیل جیا بکەنەوە لەو شتانەی گڵاویان دەکات، با لە گڵاویدا نەمرن و نشینگەکەم کە لەنێویاندایە گڵاوی نەکەن.“»

[٣٢] ئەوە ڕێنماییە بۆ ئەمانە: ئەو پیاوەی کە لێچوونی هەبێت، ئەوەی تۆوی لێ دێتە دەرەوە و پێی گڵاو دەبێت، [٣٣] ئەو ئافرەتەی خوێنلێچوونی مانگانەی هەیە، ئەو پیاوەی یان ئەو ئافرەتەی لێچوونێکی هەیە، ئەو پیاوەش کە لەگەڵ ژنێکی بەپێی ڕێوڕەسم گڵاو ڕابکشێت.

## ڕۆژی کەفارەت

١٦ لەدوای مردنی دوو کوڕەکەی هارون، کاتێك لەبەردەم یەزدان نزیك ببوونەوە و مردبوون، یەزدان لەگەڵ موسا دوا و [٢] پێی فەرموو: «بە هارونی برات بڵێ با هەموو کاتێك نەیەتە ناو شوێنی هەرەپیرۆز لە پشت پەردەکەی پێش قەپاغی کەفارەتەکە[b] کە لەسەر سندوقەکەیە، نەوەك بمرێت، چونکە من لە هەوردا لەسەر قەپاغی کەفارەتەکە دەبینرێم.

[٣] «هارون بەم شێوەیە بچێتە ناو پیرۆزگاکە: جوانەگایەك بۆ قوربانی گوناە و بەرانێك بۆ قوربانی سووتاندن بهێنێت. [٤] کراسێکی کەتان و پیرۆز لەبەر بکات و دەرپێی کەتانی لەبەربێت و بە کەمەربەندی کەتان پشتی ببەستێت و مێزەری کەتانی لەسەر بێت، ئەوە جلوبەرگێکی پیرۆزە، خۆی بە ئاو بشوات و جلەکان لەبەر بکات. [٥] لە کۆمەڵی ئیسرائیلیش دوو گیسکی نێرینە[c] ببات بۆ قوربانی گوناە و بەرانێك بۆ قوربانی سووتاندن.

[٦] «هارون جوانەگاکە پێشکەش بکات بۆ قوربانی گوناهی خۆی و کەفارەت بۆ خۆی و بۆ ماڵەکەی بکات، [٧] ئینجا دوو گیسکە نێرینەکەش ببات و لەبەردەم یەزدان لەلای دەروازەی چادری

[b] ٢ قەپاغێکە بۆ داپۆشینی سندوقی پەیمان، لە ڕۆژی کەفارەت خوێنی قوربانی لەسەر ڕژاوە بۆ لێخۆشبوونی گوناە. بڕوانە دەرچوون ١٧:٢٥.

[c] ٥ گیسك: کارەبزن تەمەنی نزیکەی شەش مانگە.

چاوپێکەوتن ڕایانبگرێت.[٨] هارون تیروپشك بۆ دوو گیسکەکە بکات، یەکێکیان بۆ یەزدان و ئەوی دیکە بۆ لابردنی گوناه لەسەر کۆمەڵگا.[٩] ئەو گیسکەی لە تیروپشك بۆ یەزدان دەرچوو، ئەوا هارون پێشکەشی بکات و بیکاتە قوربانی گوناه.[١٠] بەڵام ئەو گیسکەی بە تیروپشك بۆ لابردنی گوناه لەسەر کۆمەڵگا دەرچوو، ئەوا بە زیندوویی لەبەردەم یەزدان ڕایبگرێت بۆ کەفارەتکردن لەسەری، بۆ ئەوەی بۆ عەزازێلی[a] بنێرێتە چۆڵەوانی[b].

[١١]«پێویستە هارون جوانەگاکەی قوربانی گوناه بهێنێت و سەری ببڕێت، کەفارەت بۆ خۆی و ماڵەکەی بکات.[١٢] هارون بە پڕی بخووردانەکە پشکۆی ئاگر لەسەر قوربانگاکە لەبەردەم یەزدان ببات، بە پڕی دەستەکانیشی بخووری بۆنخۆشی باش کوتراوە ببات و بیانباتە پشت پەردەکە.[١٣] ئەو لەبەردەم یەزدان بخوورەکە بەسەر ئاگرەکەدا بکات، هەروەها دووکەڵی بخوورەکە قەپاغەکەی کەفارەت داپۆشێت کە لەسەر سندوقی پەیمانە، ئیتر نامرێت. [١٤]ئینجا لە خوێنی جوانەگاکە ببات و بە پەنجەی بەسەر ڕووی قەپاغەکەی کەفارەت، بەلای ڕۆژهەڵات بیپرژێنێت، لەلای پێشەوەی قەپاغەکەی کەفارەتیش، حەوت جار بە پەنجەی خوێنەکە بیپرژێنێت.

[١٥]«ئینجا گیسکەکەی قوربانی گوناه کە بۆ گەل سەری ببڕێت و بە خوێنەکەیەوە بچێتە پشت پەردەکە، چی بە خوێنی جوانەگاکە کرد، ئاواش بە خوێنەکەی ئەم بکات و بەسەر قەپاغەکەی کەفارەت و لای پێشەوەی بیپرژێنێت.[١٦] بەم شێوەیە کەفارەت بۆ شوێنی هەرەپیرۆز بکات لە گڵاوییەکانی نەوەی ئیسرائیل و لە یاخیبوون و هەموو گوناهەکانیان. بۆ چادری چاوپێکەوتنیش کە لەنێویانە ئاوا بکات، لەناوەندی گڵاوییەکانیان.[١٧] نابێت هیچ کەسێکیش لە چادری چاوپێکەوتن بێت، لە کاتی چوونە ژوورەوەی هارون بۆ کەفارەتکردن لە شوێنی هەرەپیرۆز هەتا کاتی هاتنە دەرەوەی، کەفارەت بۆ خۆی و ماڵەکەی و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل بکات.

[١٨]«ئینجا بچێتە دەرەوە بۆ لای قوربانگاکەی بەردەم یەزدان و کەفارەتی بۆ بکات، لە خوێنی جوانەگاکە و خوێنی گیسکەکە ببات و بەسەر قۆچەکانی قوربانگاکەیدا بکات.[١٩] بە پەنجەی حەوت جار لە خوێنەکە بەسەریدا بپرژێنێت و لە گڵاوییەکانی نەوەی ئیسرائیل پاکی بکاتەوە و تەرخانی بکات.

[٢٠]«کاتێك هارون لە کەفارەتکردن بۆ شوێنی هەرەپیرۆز و چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکە تەواو بوو، گیسکە زیندووەکە پێشکەش بکات. [٢١]هارون هەردوو دەستی لەسەر سەری گیسکە زیندووەکە دابنێت و لەسەری دان بە هەموو تاوان و هەموو یاخیبوونەکان و هەموو گوناهەکانی نەوەی ئیسرائیلدا بنێت، بەمە گوناهەکان دەخاتە سەر گیسکەکە. هارون لەژێر چاودێری ئەو کەسەی هەڵبژێردراوە بۆ ئەم ئیشە گیسکەکە بنێرێتە چۆڵەوانی.[٢٢] گیسکەکە هەموو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت بۆ خاکێکی چۆڵ، ئینجا کەسەکە گیسکەکە لە چۆڵەوانی بەڕەڵا بکات.

[٢٣]«ئینجا هارون بچێتە ناو چادری چاوپێکەوتن و جلە کەتانەکانی دابکەنێت کە لە چوونە ژوورەوەی بۆ شوێنی هەرەپیرۆز لەبەری کردبوو، لەوێ دایبنێت.[٢٤] لە شوێنێکی پیرۆز بە ئاو خۆی بشوات. ئینجا جلەکانی لەبەر بکات و بچێتە دەرەوە و قوربانی سووتاندن بۆ خۆی و قوربانی سووتاندن بۆ گەل بکات، کەفارەت بۆ خۆی و بۆ گەل بکات. [٢٥]پیوی قوربانییەکەی گوناهیش لەسەر قوربانگاکە بسووتێنێت.

[٢٦]«ئەو کەسەی گیسکەکەشی بەرەو عەزازێل بەڕەڵا کرد، جلەکانی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات، پاشان بچێتە ناو ئۆردوگاکە.[٢٧] جوانەگاکەی قوربانی گوناه و گیسکەکەی قوربانی گوناهیش، ئەوانەی خوێنەکەیان بردرا بۆ کەفارەتکردن لە شوێنی

[a] ١٠ عەزازێل: بە واتای (گیسکی گواستنەوە) دێت یان ناوی شەیتانێك بێت لە چۆڵەوانی.

[b] ١٠ بنێرێت بۆ چۆڵەوانی: وەك هێمایەك بۆ دوورکەوتنەوەی تاوان و گوناه لە کۆمەڵگا.

هەرەپیرۆز، ئەوا بیانباتە دەرەوەی ئۆردوگاکە و
پێست و کەلەش و ڕیخەکەیان بە ئاگر بسووتێنن.
[٢٨]ئەوەی دەشیانسووتێنێت، جلەکانی بشوات و خۆی
بە ئاو بشوات، پاشان بچێتە ناو ئۆردوگاکە.
[٢٩]«ئەمەش دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆتان،
کە ئێوە لە دەی مانگی حەوت گیانی خۆتان
زەلیل[a] دەکەن و هیچ کارێك ناکەن، نە هاوڵاتی
و نە ئەو نامۆیەی لەنێوتانە، [٣٠]چونکە لەم ڕۆژەدا
کەفارەتتان بۆ دەکرێت بۆ پاکبوونەوەتان، لە هەموو
گوناهەکانتان لەبەردەم یەزدان پاك دەبنەوە. [٣١]ئەمە
شەممەیە، پشوودانە بۆتان، فەرزێکی هەتاهەتاییشە
کە گیانی خۆتان زەلیل بکەن. [٣٢]ئەو کاهینەش
کە بە زەیت دەستنیشان دەکرێت و ئەرکی پێ
دەسپێردرێت بۆ ئەوەی لە جیاتی باوکی ببێتە
سەرۆك کاهین کەفارەت بکات، جلە کەتانەکان
لەبەر بکات، جلە پیرۆزەکان، [٣٣]کەفارەت بۆ شوێنی
هەرەپیرۆز و چادری چاوپێکەوتن و قوربانگاکە
بکات. هەروەها کەفارەت بۆ کاهینەکان و هەموو
کۆمەڵی گەل بکات.
[٣٤]«ئەمەش دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆتان
بۆ کەفارەتکردن بۆ نەوەی ئیسرائیل لە هەموو
گوناهەکانیان، ساڵی جارێك.»
ئیتر ئاوا کرا، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

## قوربانیکردن بەبێ ڕێوڕەسمی دیاریکراو

١٧ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو:
[٢]«لەگەڵ هارون و کوڕەکانی و هەموو
نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەمە
ئەو فەرمانەیە کە یەزدان فەرمانی پێدەدات و
دەفەرموێت، [٣]هەرکەسێك لە گەلی ئیسرائیل
گایەك یان بەرخێك یان گیسکێك لە ئۆردوگاکە یان
لە دەرەوەی ئۆردوگاکە سەرببڕێت و [٤]نەیهێنێتە
لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن هەتا لەبەردەم
چادری پەرستنی یەزدان قوربانی بۆ یەزدان پێشکەش
بکات، ئەوا ئەو کەسە تاوانبارە لە خوێنڕشتن،
خوێنی ڕشتووە، جا دەبێت ئەو کەسە لە گەلەکەی
ببڕدرێتەوە. [٥]ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەی ئیسرائیل
چیتر قوربانییەکانیان لە دەشتودەر سەر نەبڕن و
بیانهێنن بۆ بەردەم دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و
لەلای کاهین پێشکەشی یەزدان بکەن، وەك قوربانی
هاوبەشی بۆ یەزدانیان سەرببڕن. [٦]کاهینەکەش
خوێنەکە بەسەر قوربانگاکەی یەزداندا دەکات لەلای
دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و پیوەکەی بۆ ئەو
بۆنەی یەزدان پێی خۆشە دەیسووتێنێت. [٧]پێویستە
لەمەودوا قوربانییەکان بۆ ئەو بتانە پێشکەش نەکەن
کە لە شێوەی تەگە[b] دروستکراون کە بەدوایاندا
لەشفرۆشی[c] دەکەن. ئەمە دەبێتە فەرزێکی
هەتاهەتایی بۆیان لە نەوەکانیان.“
[٨]«هەروەها پێیان دەڵێیت: ”هەرکەسێك لە
گەلی ئیسرائیل و ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان ئەگەر
قوربانی سووتاندن یان قوربانی بکات و [٩]نەیهێنێتە
لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، بۆ ئەوەی
بۆ یەزدانی بکات، ئەوا ئەو کەسە لە گەلەکەی
دەبڕدرێتەوە.

## خواردنی خوێن قەدەغەیە

[١٠]«”هەروەها هەرکەسێك لە گەلی ئیسرائیل و
ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان، ئەگەر خوێن بخوات،
ئەوا ڕووم لەو کەسە وەردەگێڕم کە خوێن دەخوات
و لە گەلەکەی ڕیشەکێشی دەکەم، [١١]چونکە ژیانی
بوونەوەر لە خوێندایە و من لەسەر قوربانگا بە
ئێوەی دەدەم بۆ کەفارەتکردن بۆ گیانتان، چونکە

[a] ٢٩ مەبەستی لە خۆبێبەشکردنە لە (خواردن و خواردنەوە یان جووتبوون لەگەڵ هاوسەرەکەت… هتد). لێرەدا زیاتر کات تەرخان دەکەیت بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە. بڕوانە یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس ٥:٧ و یۆحەنا ٣٤:٤.

[b] ٧ نێری، سابرێن.

[c] ٧ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت بەرامبەر بە ژنەکەی.

خوێن کەفارەت بۆ ژیان دەکات، [١٢]بۆیە بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێم: ’کەس لە ئێوە خوێن نەخوات و ئەو نامۆیەش کە لەنێوتاندایە خوێن نەخوات.‘

[١٣]«”هەرکەسێك لە نەوەی ئیسرائیل و ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان، کە نێچیرێکی ڕاوکرد، ئاژەڵێکی کێوی یان باڵندەیەك لەوانەی دەخورێن، خوێنەکەی دەڕێژێت و بە خۆڵ دایدەپۆشێت، [١٤]چونکە ژیانی هەر بوونەوەرێك خوێنەکەیەتی، جا بە نەوەی ئیسرائیلم گوت: ’خوێنی هیچ بوونەوەرێك مەخۆنەوە، چونکە ژیانی هەر بوونەوەرێك خوێنەکەیەتی، هەرکەسێك بیخوات دەبڕدرێتەوە.‘

[١٥]«”هەرکەسێکیش ئاژەڵێکی مرداربووەوە یان نێچیرێك[a] بخوات، هاوڵاتی بێت یان نامۆ، دەبێت جلەکانی بشوات و خۆی بە ئاو بشوات و هەتا ئێوارە بەپێی ڕێوڕەسم گڵاو دەبێت، ئینجا پاك دەبێتەوە. [١٦]بەڵام ئەگەر جلەکانی نەشوات و خۆی نەشوات، تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.“»

## جووتبوونە نادروستەکان

١٨ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”من یەزدانی پەروەردگارتانم. [٣]وەك نەریتی خاکی میسر مەکەن کە تێیدا نیشتەجێ بوون و وەك نەریتی خاکی کەنعان مەکەن کە ئێوە دەهێنم بۆی و نەریتەکانیان بەجێمەهێنن. [٤]پێویستە ملکەچی یاساکانی من بن و فەرزەکانم بەجێبهێنن بۆ ئەوەی پەیڕەویان بکەن، من یەزدانی پەروەردگارتانم. [٥]فەرز و یاساکانم پەیڕەو بکەن، چونکە ئەو کەسەی پەیڕەویان بکات، بە هۆیانەوە دەژیێت، من یەزدانم.

[٦]«”هیچ کەسێك لە کەسوکاری خۆی نزیك نەبێتەوە، بۆ جووت بوون لەگەڵی، من یەزدانم.

[٧]«”ناموسی باوکت مەبە و ناموسی دایکت مەبە، لەگەڵ دایکت جووت مەبە، چونکە دایکتە.

[٨]«”لەگەڵ باوەژنت[b] جووت مەبە، ئەوە ناموسی باوکتە.

[٩]«”لەگەڵ خوشکت، کچی باوکت یان کچی دایکت جووت مەبە، ئەگەر لەماڵتان لەدایك بووبێت یان لە دەرەوە.

[١٠]«”لەگەڵ کچی کوڕەکەت یان کچی کچەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی تۆیە.

[١١]«”لەگەڵ کچی ژنی باوکت کە لە باوکتەوە بووە، جووت مەبە، چونکە خوشکتە.

[١٢]«”لەگەڵ خوشکی باوکت جووت مەبە، چونکە پوورتە.

[١٣]«”لەگەڵ خوشکی دایکت جووت مەبە، چونکە پوورتە.

[١٤]«”ناموسی مامت مەبە، لە ژنەکەی نزیك مەکەوە و لەگەڵی جووت مەبە، چونکە مامۆژنتە.

[١٥]«”لەگەڵ بووکەکەت جووت مەبە، ژنی کوڕتە، لەگەڵی جووت مەبە.

[١٦]«”لەگەڵ براژنەکەت جووت مەبە، ئەوە ناموسی براتە.

[١٧]«”لەگەڵ ژنێك و کچەکەی جووت مەبە، لەگەڵ کچی کوڕەکەی یان کچی کچەکەی جووت مەبە، ئەوان نزیکی ژنەکەن و ئەوە ئەوپەڕی بەدڕەوشتییە.

[١٨]«”هیچ ژنێکیش بەسەر خوشکەکەی مەخوازە هەتا ببێت بە هەوێی، هەتا لەگەڵی جووت بیت، کاتێك ژنەکەت لە ژیاندایە.

[١٩]«”لە هیچ ژنێکیش نزیك مەکەوە لە ماوەی گڵاوی خوێنلێچوونی مانگانەی بۆ ئەوەی لەگەڵی جووت بیت.

[٢٠]«”لەگەڵ ژنی کەسێکی دیکە جووت مەبە، پێی گڵاو دەبیت.

[٢١]«”منداڵەکانت وەك قوربانی مەسووتێنە بۆ

[a] ١٥ مەبەست لە نێچیری بەردەم ئاژەڵی دڕندەیە.

[b] ٨ زڕدایك.

'مۆلەخ'[a]، نەوەك ناوی خودای خۆت بزڕێنیت، من یەزدانم.

[٢٢]«"لەگەڵ نێرێك جووت مەبە وەك جووتبوونت لەگەڵ ژن، ئەوە قێزەونە.

[٢٣]«"لەگەڵ هیچ ئاژەڵێکیش جووت مەبە، پێی گڵاو دەبیت، هیچ ئافرەتێك لەبەردەم ئاژەڵ ئامادە نەبێت بۆ جووتبوون، ئەوە ئەوپەڕی بەدڕەوشتییە.

[٢٤]«"بە هیچ یەکێك لەو ڕەفتارانە خۆتان گڵاو مەکەن، چونکە ئەو نەتەوانەی وا من ڕاویان دەنێم لەبەردەمتان بە هەموو ئەمانە گڵاو بوون. [٢٥]تەنانەت خاکەکە گڵاو بوو، منیش سزای تاوانەکەی دەدەم و خاکەکەش دانیشتووانەکەی دەڕشێنێتەوە. [٢٦]بەڵام ئێوە فەرزەکان بەجێدەهێنن و یاساکانم پەیڕەو دەکەن. هیچ کارێك لە هەموو ئەو کردەوە قێزەونانە ناکەن، نە هاوڵاتی و نە ئەو نامۆیەی لەنێوتاندایە. [٢٧]پێش ئێوە خەڵکی خاکەکە هەموو ئەو کردەوە قێزەونانەیان کردووە، هەر بۆیە خاکەکە گڵاو بوو. [٢٨]ئەگەر خاکەکە گڵاو بکەن، ئەوا ئێوەش دەڕشێنێتەوە، وەك چۆن ئەو نەتەوانەی پێش ئێوەی ڕشاندەوە.

[٢٩]«"بەڵکو هەرکەسێك کارێك لە هەموو ئەو کردەوە قێزەونانە ئەنجام بدات، ئەو کەسەی ئەوە دەکات لە گەلەکەی دەبڕدرێتەوە. [٣٠]جا فەرزەکانم بەجێبهێنن هەتا هیچ لەو نەریتە قێزەونانە نەکەن و پێی گڵاو نەبن کە پێش ئێوە کراون، من یەزدانی پەروەردگارتانم."»

## یاسا جۆراوجۆرەکان

١٩ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: "دەبێت پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم، یەزدانی پەروەردگارتانم.

[٣]«"هەر یەکێك لە ئێوە، دەبێت ڕێزی دایك و باوکی خۆی بگرێت و شەممەکانم بپارێزن، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

[٤]«"ئاوڕ لە بت مەدەنەوە و خوداوەندی لەقاڵبدراو بۆ خۆتان دروستمەکەن، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

[٥]«"کاتێك قوربانییەکی هاوبەشی بۆ یەزدان سەردەبڕن، با بە شێوەیەك بێت لەبەردەم یەزدان قبوڵ بێت، [٦]ئەو ڕۆژەی سەری دەبڕن دەیخۆن لەگەڵ ڕۆژی پاشتر. ئەوەی لێی دەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی سێیەم، دەبێت بە ئاگر بسووتێنرێت. [٧]ئەگەر لە ڕۆژی سێیەمدا بخورێت، ئەوە گڵاوە و قبوڵ نییە. [٨]ئەوەی لێی بخوات ئەوا تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت، چونکە شتێکی پیرۆزی یەزدانی گڵاو کردووە، جا ئەو کەسە لە گەلەکەی دەبڕدرێتەوە.

[٩]«"کاتێك دروێنەی زەوییەکانتان دەکەن، لێوارەکانی کێڵگەکەت مەدورەوە، ئەوەی لە دروێنەکە دەکەوێت، هەڵیمەگرەوە، [١٠]پاشماوەی هێشووە ترێیەکان لە مێوەکەت مەکەرەوە و ئەوەی دەکەوێت هەڵیمەگرەوە، بۆ هەژار و نامۆی بەجێبهێڵە. من یەزدانی پەروەردگارتانم.

[١١]«"مەدزن.

«"درۆ مەکەن.

«"فێڵ لە یەکتری مەکەن.

[١٢]«"بە درۆ سوێند بە ناوی من مەخۆن، چونکە ناوی خوداکەت دەزڕێنیت، من یەزدانم.

[١٣]«"نزیکەکەت فریومەدە و تاڵانی مەکە.

«"کرێی کرێگرتەش لەلای خۆت بۆ بەیانی مەهێڵەوە.

[١٤]«"نەفرەت لە کەڕ مەکە و کۆسپ مەخەرە بەردەم نابینا، بەڵکو لە خودات بترسە، من یەزدانم.

[١٥]«"لە دادوەریدا ستەم مەکەن، نە لایەنگری هەژار بکەن و نە پشتی کەسی مەزن بگرن، بەڵکو بە دادپەروەری حوکمی بەرامبەرەکەت بدە.

[١٦]«"لەنێوان خەڵکی قسە مەهێنە و مەبە.

«"مەبە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەکەت، من یەزدانم.

[a] ٢١ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣:٢٨.

١٧ «"لە دڵەوە ڕقت لە براکەت نەبێتەوە، ڕاشکاوانە دراوسێکەت سەرزەنشت بکە، بۆ ئەوەی بەشداری لە گوناهی نەکەیت.

١٨ «"تۆڵە مەستێنەوە و قین لە دڵ مەبە بەرامبەر کوڕی گەلەکەت، بەڵکو نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت. من یەزدانم.

١٩ «"فەرزەکانم بەجێبهێنن.

«"دوو جۆری جیا لە ئاژەڵەکانت پێکەوە جووت مەکە.

«"دوو جۆر تۆو لە کێڵگەکەت مەڕوێنە.

«"با جلێکت لەبەر نەبێت کە دوو جۆر بێت.

٢٠ «"ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك جووت بوو، ئەویش کەنیزەیەکی مارەبڕ بوو بۆ پیاوێکی دیکە، بەڵام نەکڕابووەوە و ئازاد نەکرابوو، پێویستە سزایەکی گونجاو بدرێت. کەسیان ناکوژرێت، چونکە ئافرەتەکە ئازاد نەکراوە. ٢١ دەبێت پیاوەکە قوربانییەك بۆ تاوانەکەی بۆ لای یەزدان بهێنێتە دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، بەرانێك وەك قوربانی تاوان. ٢٢ جا کاهینەکە بە بەرانی قوربانی تاوانەکە لەبەردەم یەزدان کەفارەتی بۆ دەکات لە گوناهەکەی کە کردوویەتی، جا لەو گوناهەی کردوویەتی لێخۆشبوونی بۆ دەبێت.

٢٣ «"کاتێك چوونە ناو خاکەکە[a] و هەر دارێکتان بۆ خواردن ڕواند، ئەوا بەرەکەی بە قەدەغەکراو بزانن. سێ ساڵ بۆتان قەدەغەکراوە و لێی ناخورێت، ٢٤ لە ساڵی چوارەمیش هەموو بەروبوومەکەی تەرخانکراو دەبێت بۆ شکۆدارکردنی یەزدان، ٢٥ بەڵام لە ساڵی پێنجەمدا بەرەکەی بخۆن، هەتا داهاتی بۆتان زیاد بکات، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

٢٦ «"هەر گۆشتێك بە خوێنەوە بوو مەیخۆن.

«"فاڵ مەگرنەوە و جادووگەری مەکەن.

٢٧ «"لاتەنیشتەکانی سەرتان مەتاشن و دەستکاری دوو لای ڕیشتان مەکەن.

٢٨ «"بۆ مردوو خۆتان بریندار مەکەن، نەخش لە لەشی خۆتان مەکوتن، من یەزدانم.

[a] ٢٣ مەبەست لە خاکی بەڵێنپێدراوە.

٢٩ «"کچەکەت سووك مەکە، بەوەی بیکەیت بە لەشفرۆش، نەوەك خاکەکە پڕ بێت لە لەشفرۆشی و بەدڕەوشتی.

٣٠ «"شەممەکانم بپارێزن و ڕێز لە پیرۆزگاکەم بگرن، من یەزدانم.

٣١ «"مەگەڕێنەوە بۆ لای نێوانگر[b] و بەدوای ڕۆح ئامادەکاردا[c] مەگەڕێن، پێیان گڵاو دەبن، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

٣٢ «"لەبەر ڕیش سپی هەستە و ڕێزی پیر بگرە و لە خودات بترسە، من یەزدانم.

٣٣ «"ئەگەر نامۆیەك هاتە خاکەکەتان، ستەمی لێ مەکەن، ٣٤ وەك هاوڵاتییەك ڕەفتاری لەگەڵ بکەن، وەك خۆتت خۆشبوێت، چونکە ئێوەش لە خاکی میسر نامۆ بوون، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

٣٥ «"ساختەکاری مەکەن، نە لە ئەندازەی پێوانە و نە لە کێش و نە لە بڕ، ٣٦ دەبێت تەرازووی ڕاست و کێشانەی ڕاست و ئێفەی[d] ڕاست و هەینی[e] ڕاستتان هەبێت، من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسر دەریهێنان.

٣٧ «"هەموو فەرزەکانم بەجێبهێنن و یاساکانم پەیڕەو بکەن و جێبەجێیان بکەن، من یەزدانم."»

## سزادان بۆ گوناه

٢٠ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢ «بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ: "هەرکەسێك لە نەوەی ئیسرائیل و لەو نامۆیانەی لە ئیسرائیلن، ئەگەر لە منداڵەکانی بە مۆلەخی[f] بەخشی، دەبێت

[b] ٣١ لێرە بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوو. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣،٧،٩.

[c] ٣١ بەو کەسە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکات. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣ و ٨-٩.

[d] ٣٦ ئێفە پێوانەی وشك بوو.

[e] ٣٦ هەین پێوانەی شلەمەنی بوو.

[f] ٢ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٢٨:٣.

بکوژرێت. دەبێت خەڵکی ناوچەکە بەردبارانی بکەن. [٣]منیش ڕووم لەو کەسە وەردەگێڕم و لە گەلەکەی ڕیشەکێشی دەکەم، چونکە لە منداڵەکانی خۆی بە مۆلەخی بەخشی، بۆ ئەوەی پیرۆزگاکەم گڵاو بکات و ناوی پیرۆزم بزڕێنێت. [٤]ئەگەر خەڵکی ناوچەکە چاوپۆشییان لەو کەسە کرد، کاتێك یەکێك لە منداڵەکانی خۆی بە مۆلەخ بەخشی، ئینجا نەیانکوشت، [٥]ئەوا من ڕووی خۆم لەو کەسە و لە ماڵەکەی وەردەگێڕم و خۆی و هەموو ئەو بەدکارانەی بەدوایەوە لەشفرۆشییان کردووە بەدوای مۆلەخدا، لەنێو گەلەکەیان دەیانبڕمەوە.

[٦]«”من ڕووم لەو کەسە وەردەگێڕم کە دەگەڕێتەوە بۆ لای نێوانگر[a] و ڕۆح ئامادەکار هەتا بەدوایاندا لەشفرۆشی بکات، ئەوا من ئەو کەسە لە گەلەکەی ڕیشەکێش دەکەم.

[٧]«”خۆتان تەرخان بکەن و پیرۆز بن، چونکە من یەزدانی پەروەردگارتانم، [٨]فەرزەکانم بەجێبهێنن و جێبەجێیان بکەن، من یەزدانم کە پیرۆزتان دەکات.

[٩]«”هەرکەسێك نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێت بکوژرێت، نەفرەتی لە باوکی یان دایکی کردووە، خوێنی لە ئەستۆی خۆیەتی.

[١٠]«”ئەگەر پیاوێك داوێنپیسی لەگەڵ ژنی کەسێکی دیکەدا کرد، کە ژنی نزیکەکەیەتی، ئەوا پیاوەکە و ژنەکەش دەبێت بکوژرێن.

[١١]«”ئەگەر پیاوێك لەگەڵ باوەژنی خۆی جووت بوو، ئەوا ناموسی باوکی بردووە، هەردووکیان دەبێت بکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

[١٢]«”ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنی کوڕەکەی جووت بوو، ئەوا هەردووکیان دەبێت بکوژرێن، ئەوپەڕی بەدڕەوشتییان کردووە، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

[١٣]«”ئەگەر پیاوێك وەك ژن لەگەڵ نێرێك ڕاکشا بوو، ئەوا هەردووکیان شتێکی قێزەونیان کردووە و دەبێت بکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

[١٤]«”ئەگەر پیاوێك ئافرەتێك لەگەڵ دایکەکەی بخوازێت، ئەوە بەدکارییە، پیاوەکە و هەردوو ژنەکە دەبێت بە ئاگر بسووتێنرێن، هەتا بەدکاری لەنێوتاندا نەبێت.

[١٥]«”ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ئاژەڵێکدا جووت بوو، دەبێت پیاوەکە بکوژرێت و ئاژەڵەکەش بکوژرێت.

[١٦]«”ئەگەر ئافرەتێك لە ئاژەڵێك نزیك بووەوە بۆ جووتبوون، ئەوا ئافرەتەکە و ئاژەڵەکەش بکوژن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.

[١٧]«”ئەگەر پیاوێك خوشکی خۆی هێنا، کچی باوکی یان کچی دایکی و لەگەڵ یەك جووت بوون، ئەوا ڕیسواییە، دەبێت لەبەرچاوی گەلەکەیان ببڕدرێتەوە، ناموسی خوشکی خۆی بردووە، تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت.

[١٨]«”ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنێك جووت بوو لە ڕۆژانی خوێنلێچوونی مانگانەی، ئەوا دەبێت هەردووکیان لە گەلەکەیان ببڕدرێنەوە، چونکە پیاوەکە خوێنلێچوونی ئافرەتەکەی ئاشکرا کردووە و ئافرەتەکەش خوێنلێچوونی خۆی ئاشکرا کردووە.

[١٩]«”لەگەڵ خوشکی باوکت یان خوشکی دایکت جووت مەبە، ئەوەی وا بکات، ئەوا هەردووکیان تاوانی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن، چونکە ناموسی کەسوکاری خۆی بردووە.

[٢٠]«”ئەگەر پیاوێك لەگەڵ مامۆژنی خۆی جووت بوو، ئەوا ناموسی مامی خۆی بردووە، هەردووکیان تاوانیان لە ئەستۆ دەبێت، دەبێت بە وەجاخکوێری بمرن.

[٢١]«”ئەگەر پیاوێك براژنی خۆی هێنا ئەوا گڵاوییە، ناموسی براکەی بردووە، دەبێت هەردووکیان وەجاخکوێر بن.

[٢٢]«”هەموو فەرزەکانم بەجێبهێنن و یاساکانم پەیڕەو بکەن و جێبەجێیان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو خاکە نەتانڕشێنێتەوە کە بۆ نیشتەجێبوون دەتانهێنمە ناوی. [٢٣]بە ڕێی نەریتی ئەو نەتەوانەدا مەڕۆن کە من لەپێشتانەوە دەریاندەکەم، چونکە هەموو ئەم شتانەیان کرد، جا ڕقم لێیان بووەوە. [٢٤]بەڵام بە ئێوەم

---

[a] ٦ نێوانگر: لێرە و لە ئایەتی ٢٧ بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوو. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣،٧،٩.

فەرموو کە دەبنە خاوەنی خاکەکەیان، من دەیدەمە ئێوە هەتا ببنە میراتگری، خاکێك شیر و هەنگوینی لێ بڕژێت، من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لەنێو گەلان جیای کردنەوە.

[٢٥]«”لەبەر ئەوە ئێوەش ئاژەڵی پاك و گڵاو لە یەکتر جیا بکەنەوە، هەروەها باڵندەی گڵاو و پاکیش، جا خۆتان گڵاو مەکەن بە ئاژەڵ و باڵندە و هەموو ئەوەی لەسەر زەوی دەخشێت، لەوانەی بۆم جیا کردنەوە، گوتم، گڵاون. [٢٦]دەبێت بۆ من پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم، من یەزدانم، ئێوەم لەنێو گەلان جیا کردەوە هەتا بۆ من بن.

[٢٧]«”ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك نێوانگر یان ڕۆح ئامادەکار بوو، دەبێت بکوژرێت، بەردبارانیان بکەن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە.“»

## ڕێساکان بۆ کاهین

٢١ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: «لەگەڵ کاهینەکان بدوێ کە نەوەی هارونن و پێیان بڵێ: ”نابێت بەپێی ڕێوڕەسم کەستان بە مردوویەکی هۆزەکەی خۆی گڵاو بکات، [٢]تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە زۆر نزیکن لێی، دایکی و باوکی و کوڕی و کچی و برای و [٣]خوشکە پاکیزەکەی کە لێی نزیکە، ئەوەی شووی نەکردووە، دەشێت لە پێناویدا گڵاو بێت. [٤]نابێت خۆی گڵاو بکات بەوانەی لە ڕێگەی ژنهێنانەوە بوونەتە خزمی ئەو.

[٥]«”کاهینەکان نابێت سەریان سفر بکەن و هەردوو لای ڕیشیان بتاشن و خۆیان بریندار بکەن. [٦]دەبێت بۆ خوداکەیان پیرۆز بن و ناوی خودایان نەزڕێنن، چونکە قوربانییە بە ئاگرەکان وەك نانی خودایان بۆ یەزدان پێشکەش دەکەن، جا دەبێت پیرۆز بن.

[٧]«”نابێت کاهینەکان ئافرەتی لەشفرۆشی بێ ئابڕوو[a] و تەڵاقدراو بخوازن، چونکە کاهین پیرۆزکراوە بۆ خوداکەی، [٨]جا بە پیرۆزی دابنێن، چونکە نانی خوداتان پێشکەش دەکات، پیرۆزکراو دەبێت لەلاتان، چونکە من پیرۆزم. من یەزدانم ئەوەی پیرۆزتان دەکات.

[٩]«”ئەگەر کچی کاهین بە لەشفرۆشی گڵاو بوو، ئەوا باوکی گڵاو کردووە، دەبێت کچەکە بە ئاگر بسووتێنرێت.

[١٠]«”سەرۆکی کاهینان، ئەوەی لەنێو براکانی زەیتی دەستنیشانکردنی بە سەریدا کراوە و ئەرك پێ سپێردراوە بۆ لەبەرکردنی جلەکانی کاهینییەتی، پێویستە سەری ڕووت نەکات و جلەکانی لەبەر خۆی دانەدڕێت. [١١]پێویستە نەیەتە ئەو شوێنەی لاشەی مردووی لێیە، نابێت خۆی بۆ دایك و باوکیشی گڵاو بکات. [١٢]نابێت لە پیرۆزگا دەربچێت، نەوەك پیرۆزگای خوداکەی گڵاو بکات، چونکە بە زەیتی دەستنیشانکردنی خودا نەزرکراوە، من یەزدانم.

[١٣]«”ئەم دەبێت کچێکی پاکیزە بخوازێت. [١٤]نابێت بێوەژن و تەڵاقدراو و بێ ئابڕووی لەشفرۆش بخوازێت، بەڵکو دەبێت کچێکی پاکیزە لە خزمەکانی بخوازێت، [١٥]بۆ ئەوەی وەچەکەی لەنێو گەلەکەی گڵاو ناکات. من یەزدانم، ئەوم پیرۆز کردووە.“»

[١٦]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١٧]«لەگەڵ هارون بدوێ و بڵێ: ”ئەگەر پیاوێك لە وەچەی تۆ لە نەوەکانیان کەموکوڕییەکی تێدابوو، با نەیەتە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی نانی خوداکەی. [١٨]هەر پیاوێك کەموکوڕی تێدابێت، نابێت بێتە پێشەوە، نە پیاوی نابینا و نە شەل و نە دەموچاو خوار و نە شێوە تێکچوو، [١٩]نە پیاوی پێ شکاو یان دەست شکاو، [٢٠]نە قەمبوور، نە کورتەباڵا، نە ئەوەی کە کەموکوڕی لە چاویدا هەیە، نە زام و برینێکی بەردەوام، نە گونی قۆڕ بێت. [٢١]هەر پیاوێك لە نەوەی هارونی کاهین کەموکوڕی تێدابێت، نابێت بێتە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی قوربانییە بە ئاگرەکان بۆ یەزدان؛ لەبەر ئەوەی کەموکوڕی تێدایە، پێویستە نەیەتە پێشەوە بۆ پێشکەشکردنی نانی خوداکەی. [٢٢]دەتوانێت لە نانی خوداکەی بخوات، لە پێشکەشکراوە پیرۆزەکە و لە خواردنە هەرەپیرۆزەکانیش؛ [٢٣]بەڵام نابێت بێتە لای پەردەکە

[a] ٧ لە زمانی عیبری بە واتای گڵاو هاتووە، لێرە و لە ئایەتی ١٤.

و لە قوربانگاکەش نزیك بکەوێتەوە، چونکە کەموکوڕی تێدایە، نەوەك پیرۆزگام گڵاو بکات، چونکە من یەزدانم، کە پیرۆزیان دەکەم.”»

٢٤ئینجا موسا لەگەڵ هارون و کوڕەکانی و هەموو نەوەی ئیسرائیلدا دوا.

## ٢٢

هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«بە هارون و کوڕەکانی بڵێ: ”با ئاگاداری خۆیان بن لە قوربانییە پیرۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل و ناوی پیرۆزی من نەزڕێنن، ئەوانەی بۆ منی تەرخان دەکەن، من یەزدانم.

٣«پێیان بڵێ: ”لە نەوەکانتان هەرکەسێك لە هەموو وەچەکانتان ئەگەر بەپێی ڕێوڕەسم گڵاو بێت و لە قوربانییە پیرۆزەکان نزیك بووەوە کە نەوەی ئیسرائیل بۆ یەزدانی تەرخان دەکەن، ئەوا ئەو کەسە لەبەردەمم دەبڕدرێتەوە. من یەزدانم.

٤«”هەرکەسێك لە نەوەی هارون کە نەخۆشی گواستراوەی پێست یان لێچوونی هەبێت، هەتا پاك دەبێتەوە لە قوربانییە پیرۆزەکان نەخوات. هەر یەکێکیش دەست لە شتێکی گڵاوی مردوویێك بدات، یان کەسێك تۆوی لێچووبوو، ٥یان دەستی لە خشۆکێك دابێت کە پێی گڵاو بێت، یان لە مرۆڤێك کە پێی گڵاو بێت لەبەر هەر گڵاوییەك کە هەیەتی، ٦ئەوەی دەست لە هەریەك لەو شتانە بدات ئەوا هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت و نابێت لە قوربانییە پیرۆزەکان بخوات هەتا خۆی بە ئاو نەشوات. ٧کاتێك خۆر ئاوا دەبێت، پاك دەبێتەوە و پاشان لە قوربانییە پیرۆزەکان بخوات، چونکە خۆراکی ئەوە. ٨نابێت ئاژەڵی مردار و نێچیر بخوات، چونکە پێی گڵاو دەبێت. من یەزدانم.

٩«”کاهینەکان دەبێت خواستەکانم بپارێزن، نەوەك گوناهێك هەڵبگرن کە پێی بمرن، ئەگەر بە سووکی ڕەفتاری لەگەڵ بکەن. من یەزدانم کە پیرۆزیان دەکەم.

١٠«”نابێت کەس لە قوربانی پیرۆزکراو بخوات جگە لە کەسوکاری کاهینەکە. میوان و کرێگرتەی کاهینیش نابێت لە قوربانی پیرۆزکراو بخۆن، ١١بەڵام ئەگەر کاهین کۆیلەیەکی بە زیو کڕی، یان کۆیلەیەك لە ماڵەکەی لە دایك بێت، ئەوا ئەو کۆیلەیە دەتوانێت لێی بخوات، ئەوان لە خۆراکەکەی دەخۆن. ١٢ئەگەر کچی کاهین شووی بە پیاوێکی جگە لە کاهین کرد، ئەوا نابێت لە بەخشینە پیرۆزەکان بخوات. ١٣بەڵام ئەگەر کچی کاهین بوو بە بێوەژن یان تەڵاق درا و هیچ وەچەی نەبوو و هاتەوە ماڵی باوکی، وەك کاتی کچێنی، ئەوا دەتوانێت لە خۆراکی باوکی بخوات. بەڵام نابێت کەسێکی دیکە لێی بخوات، جگە لە کەسوکاری کاهینەکە.

١٤«”ئەگەر کەسێك بە هەڵە قوربانییەکی پێشکەشکراوی خوارد، ئەوا دەبێت پێنجیەکی زیاد بخاتە سەر و قوربانییە پیرۆزەکە بداتە کاهینەکە. ١٥کاهینەکان نابێت قوربانییە پیرۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل گڵاو بکەن کە لەبەردەم یەزدان دایدەنێن، ١٦ئەگەر ڕێیان پێبدەن قوربانییە پیرۆزەکانیان بخۆن ئەوا گوناهیان دەخەنە ئەستۆ، چونکە من یەزدانم کە پیرۆزیان دەکەم.”»

### قوربانی قبوڵ نەکراو

١٧هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ١٨«لەگەڵ هارون و کوڕەکانی و هەموو نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەگەر هەر یەکێکتان، ئیسرائیلی بێت یان بیانییەك کە لە ئیسرائیل نیشتەجێیە، بەخشینێك پێشکەش بە یەزدان بکات وەك قوربانی سووتاندن بۆ ئەنجامدانی نەزر یان بەخشینێك کە بە خواستی خۆی بێت، ١٩بۆ ئەوەی لێتان وەربگیرێت، دەبێت نێرێکی ساغ بێت، لە گاگەل یان ماڵات. ٢٠هەرچییەك کەموکوڕی تێدابێت پێشکەشی مەکەن، چونکە لێتان وەرناگیرێت. ٢١ئەگەر کەسێك قوربانی هاوبەشی پێشکەشی یەزدان کرد، بۆ بەجێهێنانی نەزرێکی تایبەت یان بەخشینێکی بە خواستی خۆی، لە گاگەل یان لە مێگەل، دەبێت ساغ بێت بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێت. نابێت هیچ کەموکوڕییەکی تێدابێت. ٢٢کوێر و بریندار و پەلشکاو و بالوکەدار و گەڕ و زامداری بەردەوام، ئەمانە پێشکەش بە یەزدان

مەکەن و لێیان مەکەن بە قوربانی بە ئاگر لەسەر قوربانگاکەی یەزدان. [٢٣]بەڵام گا[a] و بەرانی شێوە تێکچوو و کورتەباڵا دەتوانیت بکەیت بە بەخشینێك بە خواستی خۆت، بەڵام بۆ تەواوبوونی نەزر قبوڵ نابێت. [٢٤]پێویستە ئاژەڵێك نەکەنە قوربانی بۆ یەزدان کە گونی قۆڕ بێت یان خەسابێت یان گونی لێکرابێتەوە یانیش بڕا بێت، لە خاکەکەشتان مەیکەن. [٢٥]لە هەموو ئەمانەش پێویست ناکات بە هەر ئاژەڵێکی دەستی بیانی ڕازی بن و پێشکەشیان بکەن وەك خواردنی خوداتان. لێتان وەرناگیرێت چونکە ئەو ئاژەڵانە ناتەواون و کەموکوڕییان تێدایە.“»

[٢٦]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٧]«کاتێك گوێرەکەیەك یان بەرخێك یان گیسکێك لەدایك دەبێت، ئەوا حەوت ڕۆژ لەژێر دایکی دەبێت و لە ڕۆژی هەشتەم بەدواوە، وەك قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان قبوڵ دەبێت. [٢٨]مانگا و مەڕیش لە یەك ڕۆژدا لەگەڵ بەچکەکەی سەرمەبڕن.

[٢٩]«کاتێك قوربانی سوپاسگوزاریتان بۆ یەزدان سەربڕی، بە شێوەیەك سەری ببڕن کە لێتان وەربگیرێت، [٣٠]دەبێت لەو ڕۆژەدا بخورێت، بۆ بەیانی لێی مەهێڵنەوە، من یەزدانم.

[٣١]«”فەرمانەکانم بپارێزن و جێبەجێیان بکەن، من یەزدانم. [٣٢]ناوی پیرۆزیشم مەزڕێنن، دەبێت نەوەی ئیسرائیل دان بە پیرۆزی مندا بنێن. من یەزدانم کە پیرۆزیان دەکەم، [٣٣]ئەوەی لە خاکی میسر دەریهێنان، تاکو ببێتە خوداتان، من یەزدانم.“»

٢٣ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەمانە جەژنەکانی منن، جەژنەکانی یەزدان کە تێیدا بانگەوازی کۆبوونەوەی پیرۆزبوون[b] دەکەن.

## شەممە

[٣]«”شەش ڕۆژ کار بکەن بەڵام ڕۆژی حەوتەم شەممەیە، پشوودانە و کۆبوونەوەی پیرۆزبوونە، هیچ کارێك مەکەن، لە هەموو نشینگەکانتان شەممەیە بۆ یەزدان.

## جەژنی پەسخە و جەژنی فەتیرە

[٤]«”ئەمانە جەژنەکانی یەزدانن، کۆبوونەوەی پیرۆزبوونەکان کە دەبێت لە کاتی خۆیدا بانگەوازی بۆ بکەن. [٥]لە ئێوارەوە لە چواردەی مانگی یەك، جەژنی پەسخە بۆ یەزدان دەستپێدەکات. [٦]لە ڕۆژی پازدەی ئەم مانگەدا جەژنی فەتیرە بۆ یەزدان دەستپێدەکات، دەبێت حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە[c] بخۆن. [٧]لە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن. [٨]حەوت ڕۆژ قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش بکەن، لە ڕۆژی حەوتەمیشدا کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن.“»

## یەکەمین بەرهەم

[٩]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١٠]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێك هاتنە ئەو خاکەی من پێتانی دەدەم و دەغڵتان دوورییەوە، ئەوا یەکەم مەلوی[d] دروێنەتان بۆ کاهین بهێنن. [١١]ئەویش دەبێت مەلوەکە لەبەردەم یەزدان بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی لێتان وەربگیرێت، ڕۆژی پاش شەممە کاهین

---

[a] ٢٣ گا: لە زمانی عیبری دەشێت ئەم وشەیە بۆ نێر و مێ (چێڵ و گا) بەکاربهێنرێت.

[b] ٢ بیرۆکەی بنەڕەتی سەرجەم جەژنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەکی: (١) یادکردنەوەی کار و چاکە مەزنەکانی خودا بەرامبەر بە گەلەکەی؛ (٢) خۆتەرخانکردن لەم ڕۆژانەدا تەنها بۆ ستایش و پەرستنی خودا و فێربوون.

[c] ٦ نانی فەتیرە: نانی بێ هەویرترش، واتە نانی بێ خومرە.

[d] ١٠ مەلو: مەبەست لە دەسکە گەنم یان جۆرێکی دیکەی دانەوێڵە بێت.

دەبێت بەرزی بکاتەوە. [١٢] لە ڕۆژی بەرزکردنەوەی مەلوەکە، بەرخێکی ساغی یەك ساڵە بکەنە قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان، [١٣] پێشکەشکراوی دانەوێڵەشی دوو دەیەکی ئێفەیەك[a] لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو بکە بە قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، شەرابە پێشکەشکراوەکەشی، چارەکە هەینێك[b] شەرابە. [١٤] نان و قەرەخەرمان و گەنمی تازە مەخۆن، هەتا ئەو ڕۆژەی قوربانییەکەی خوداتان دەهێنن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانی ئێوە لە هەموو نشینگەکانتان.

## جەژنی هەفتەکان[c]

[١٥] «”ئینجا لە ڕۆژی دوای شەممەوە، لەو ڕۆژەوەی کە مەلوەکە وەك قوربانی بەرزکردنەوە دەهێنن، حەوت هەفتەی تەواو بژمێرن، [١٦] هەتا ڕۆژی دوای شەممەی حەوتەم بژمێرن کە پەنجا ڕۆژە، ئینجا پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەی نوێ بۆ یەزدان پێشکەش بکەن. [١٧] لە نشینگەکانتانەوە دوو نانی وەك قوربانی بەرزکردنەوە بهێنن، لە دوو دەیەکی ئێفەیەك لە باشترین ئارد بێت و بە هەویرترشەوە کرابنە نان، یەکەمین بەرهەمە بۆ یەزدان. [١٨] لەگەڵ نانەکان حەوت بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ و جوانەگایەك[d] و دوو بەران بکەنە قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان. لەگەڵ پێشکەشکراوە دانەوێڵەکەیان و شەرابە پێشکەشکراوەکەیان، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە. [١٩] گیسکێکی نێرینەش بکەنە قوربانی گوناه و دوو بەرخی یەك ساڵەش بکەنە قوربانی هاوبەشی. [٢٠] جا کاهینەکە دەبێت دوو بەرخەکە لەگەڵ نانی یەکەمین بەرهەمەکە لەبەردەم یەزدان بەرز بکاتەوە. ئەمانە پێشکەشکراوێکی پیرۆزن بۆ یەزدان، جا دەبێت بۆ کاهینەکە بن. [٢١] لە هەمان ئەو ڕۆژەدا بانگەواز بکەن و کۆبوونەوەی پیرۆزبوونە بۆتان، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە هەموو نشینگەکانتان لە نەوەکانتان.

[٢٢] «”کاتێك دروێنەی زەوییەکانتان دەکەن، لێوارەکانی کێڵگەکەت مەدورەوە، ئەوەی لە دروێنەکە دەکەوێت، هەڵیمەگرەوە، بۆ هەژار و نامۆ بەجێی بهێڵە، من یەزدانی پەروەردگارتانم.“»

## ڕۆژی دەنگی کەڕەنا

[٢٣] هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٤] «لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”یەکەم ڕۆژی مانگی حەوت دەبێت پشوو بێت بۆتان، یادی دەنگی کەڕەنایە، کۆبوونەوەی پیرۆزبوونە. [٢٥] هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن، بەڵام قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش بکەن.“»

## ڕۆژی کەفارەت

[٢٦] هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٧] «بەڵام ڕۆژی دەیەمی ئەم مانگی حەوتە، ڕۆژی کەفارەتە، کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، گیانی خۆتان زەلیل[e] بکەن و قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش بکەن. [٢٨] لەو ڕۆژەدا هیچ کارێك مەکەن، چونکە ڕۆژی کەفارەتە بۆ کەفارەتکردن بۆتان لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان. [٢٩] هەرکەسێك لەم ڕۆژەدا خۆی زەلیل نەکات لە گەلەکەی دەبڕدرێتەوە، [٣٠] هەرکەسێکیش لەم ڕۆژەدا هەر کارێك بکات، ئەوا ئەو کەسە لەنێو گەلەکەی لەناودەبەم. [٣١] هیچ کارێك مەکەن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان لە هەموو نشینگەکانتان. [٣٢] شەممەیە، پشووە بۆتان،

[a] ١٣ نزیکەی چوار لیتر و نیو.

[b] ١٣ چارەکە هەینێك: نزیکەی یەك لیتر.

[c] ١٤ جەژنی هەفتەکان، هەروەها وەك جەژنی دروێنەش ناسراوە (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٣)، ٥٠ ڕۆژ لەدوای جەژنی فەتیرە بووە، کە دەکاتە حەوت هەفتە.

[d] ١٨ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

[e] ٢٧ مەبەستی لە خۆبێبەشکردنە لە (خواردن و خواردنەوە یان جووتبوون لەگەڵ هاوسەر... هتد). لێرەدا زیاتر کات تەرخان دەکرێت بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە. بڕوانە یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس ٥:٧ و یۆحەنا ٣٤:٤.

دەبێت گیانی خۆتان زەلیل بکەن. دەبێت لە کاتی ئێوارەی نۆی مانگدا هەتا ئێوارەی دواتر پشوودانی شەممەتان بێت.»

## جەژنی کەپرەشینە

[٣٣]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٣٤]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و بڵێ: ”لە ڕۆژی پازدەیەمی ئەم مانگی حەوتە، حەوت ڕۆژ جەژنی کەپرەشینەیە بۆ یەزدان. [٣٥]لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوەی پیرۆزبوونە، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن، [٣٦]حەوت ڕۆژ قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش بکەن. لە ڕۆژی هەشتەمدا کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن و قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان پێشکەش بکەن، ئاهەنگی کۆتایی پێهێنانە، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن.

[٣٧]«”دەبێت لە جەژنەکانتان ئەمانە پێشکەشی یەزدان بکەن کە تێیدا بانگەوازی کۆبوونەوەی پیرۆزبوون دەکەن، بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان، قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و قوربانی سەربڕاو و شەرابی پێشکەشکراو، هەر ڕۆژەو هی خۆی. [٣٨]جیا لە شەممەکانی یەزدان و جیا لە دیارییەکانتان و هەموو نەزرەکانتان و هەموو بەخشینە ئازادەکانتان کە بە یەزدانی دەدەن.

[٣٩]«”ڕۆژی پازدەی مانگی حەوت، پاش ئەوەی بەروبوومی زەوییەکەتان کۆکردەوە، حەوت ڕۆژ جەژن بۆ یەزدان بگێڕن، لە ڕۆژی یەکەمدا شەممەیە و لە ڕۆژی هەشتەمیشدا شەممەیە. [٤٠]لە ڕۆژی یەکەمدا بەروبوومی دارەکانی میوە و پەلکی دار خورما و لقەداری پڕ گەڵا و شۆڕەبی ناو چەمەکان بۆ خۆتان ببەن و حەوت ڕۆژ لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان خۆشی بگێڕن. [٤١]حەوت ڕۆژ لە ساڵێکدا بۆ یەزدان بکەن بە جەژن، فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان، لە مانگی حەوت بیکەن بە جەژن. [٤٢]حەوت ڕۆژ لە کەپردا نیشتەجێ بن، هەموو هاوڵاتییەکانی ئیسرائیل دەبێت لە کەپردا نیشتەجێ بن، [٤٣]بۆ ئەوەی نەوەکانتان بزانن کە من نەوەی ئیسرائیلم لە کەپردا نیشتەجێ کرد، کاتێک لە خاکی میسرم دەرهێنان، من یەزدانی پەروەردگارتانم.“»

[٤٤]جا موسا سەبارەت بە جەژنەکانی یەزدان بە نەوەی ئیسرائیلی ڕاگەیاند.

## ڕێکخستنی زەیت و نان لەبەردەم یەزدان

٢٤ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە با زەیتی زەیتوونی سادە و گوشراوت بۆ ڕووناکی بۆ بهێنن، هەتا چرا بەردەوام داگیرساو بێت. [٣]لەناو چادری چاوپێکەوتن، لە دەرەوەی پەردەی شوێنی هەرەپیرۆز، هارون لە ئێوارەوە هەتا بەیانی بە بەردەوامی چرادانەکە لەبەردەم یەزدان ڕێک دەخات. فەرزێکی هەتاهەتاییە لە نەوەکانتان. [٤]چراکە لەسەر چرادانەکەی کە لە زێڕی بێگەردە پێویستە بە بەردەوامی لەبەردەم یەزدان ڕێکبخرێت.

[٥]«باشترین ئاردیش دەبەیت و دەیکەیتە دوازدە کولێرە، بۆ هەر کولێرەیەک دوو دەیەکی ئێفەیەک[a] بەکاردەهێنیت، [٦]دەیانکەیت بە دوو ڕیز، هەر ڕیزە و شەش نان، لەسەر مێزە زێڕینە بێگەردەکە لەبەردەم یەزدان. [٧]لەسەر هەر ڕیزێکیش بخووری سادەی بێگەرد دادەنێیت، جا بۆ نانەکە دەبێتە یادەوەری قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان. [٨]ئەم نانەش بە بەردەوامی هەموو ڕۆژێکی شەممە لەبەردەم یەزدان ڕێکدەخرێت، پەیمانێکی هەتاهەتاییە لە پێناو نەوەی ئیسرائیل. [٩]ئەمە بۆ هارون و کوڕەکانی دەبێت و لە شوێنێکی پیرۆز دەیخۆن، چونکە هەرەپیرۆزە لە قوربانییە بە ئاگرەکان بۆ یەزدان، بەشێکی چەسپاوە.»

### بەردبارانی نەفرەتکەرێک

[١٠]کوڕێک کە دایکی ئیسرائیلی و باوکی میسری بوو چووە نێو نەوەی ئیسرائیل و لە ئۆردوگاکە لەگەڵ پیاوێکی ئیسرائیلی بووە شەڕیان. [١١]کوڕی ژنە ئیسرائیلییەکە کفر و نەفرەتی سەبارەت بە

---

[a] ٥ نزیکەی چوار لیتر و نیو.

ناوی یەزدان کرد، هێنایانە لای موسا، دایکیشی ناوی شەلۆمیتی کچی دبری بوو، لە هۆزی دان. [١٢]لە شوێنێکیان دانا لەژێر چاودێری پاسەوان، هەتا بڕیاری یەزدانیان پێ ڕابگەیەنرێت.

[١٣] جا یەزدان بە موسای فەرموو: [١٤]«ئەوەی نەفرەتی کردووە، بیبە دەرەوەی ئۆردوگاکە، هەموو ئەوانەی گوێیان لێی بوو دەستیان لەسەر سەری دادەنێن و هەموو کۆمەڵەکە بەردبارانی دەکەن. [١٥]لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلیش بدوێ و بڵێ: ”ئەوەی نەفرەت لە خودای خۆی بکات، ئەوا تاوانی لە ئەستۆی خۆی دەبێت. [١٦]ئەوەی کفر سەبارەت بە ناوی یەزدان بکات، ئەوا دەکوژرێت، هەموو کۆمەڵەکە بەردبارانی دەکەن، بیانی و هاوڵاتی وەك یەك، کاتێك کفر سەبارەت بە ناوی یەزدان بکات، دەکوژرێت.

[١٧]«”ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت ئەوا دەکوژرێت. [١٨]ئەوەی ئاژەڵی کەسێکی دیکە بکوژێت، ئەوا قەرەبووی دەکاتەوە، گیان بە گیان. [١٩]ئەگەر یەکێك شتێکی لە کەسێك کرد، چی کردووە ئاوای لێ دەکرێتەوە، [٢٠]شکان بە شکان و چاو بە چاو و ددان بە ددان، چی لەو کەسە کردووە ئاوای لێ دەکرێتەوە. [٢١]ئەوەی ئاژەڵێك بکوژێت، قەرەبووی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کەسێك بکوژێت دەکوژرێتەوە. [٢٢]یەك یاساتان دەبێت، بیانی وەك هاوڵاتی دەبێت، من یەزدانی پەروەردگارتانم.“»

[٢٣]جا موسا بە نەوەی ئیسرائیلی گوت، ئەوەی نەفرەتی کردووە، بیبەنە دەرەوەی ئۆردوگاکە و بەردبارانی بکەن. نەوەی ئیسرائیلیش ئاوایان کرد، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

## ساڵی پشوو

٢٥ هەروەها یەزدان لە شاخی سینا بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێك هاتنە ئەو خاکەی من پێتان دەدەم، ئەوا پشوو دەدەن بە خاکەکە، شەممەیە بۆ یەزدان. [٣]شەش ساڵ کێڵگەکەت دەڕوێنیت و شەش ساڵ ڕەزەکەت پەرچ دەکەیت و بەروبوومی کۆدەکەیتەوە. [٤]بەڵام لە ساڵی حەوتەم دەبێتە پشووی خاك، شەممەیە بۆ یەزدان، کێڵگەکەت مەڕوێنە و ڕەزەکەت پەرچ مەکە. [٥]ئەوەی لە دروێنە لێت کەوتووە و ئێستا ڕواوەتەوە، دروێنەی مەکە، ترێی ڕەزەکەشت، هی ئەو لقانەی پەرچ نەکراون، لێ مەکەرەوە. ساڵی پشوودان دەبێت بۆ خاکەکە. [٦]هەر شتێك خاکەکە لە ساڵی پشوودا بە خۆڕستی بەرهەمی دەهێنێت، ئەوا دەبێتە خۆراکتان، بۆ تۆ و کۆیلەکەت و کەنیزەکەت یان کرێگرتەکەت و نیشتەجێی کاتی کە لەلای تۆ دەژییێت، [٧]هەروەها بۆ ئاژەڵە ماڵییەکانت و بۆ ئەو ئاژەڵە کێوییە دەبێت کە لە خاکەکەتە. هەموو بەروبوومی خاکەکە دەبێتە خۆراك.

## ساڵی پەنجایەمین ساڵی یۆبیلە

[٨]«”حەوت پشووی ساڵانە بۆ خۆت دەژمێریت، حەوت جار حەوت ساڵ، جا ڕۆژانی حەوت پشووە ساڵانەکە بۆ تۆ دەبێتە چل و نۆ ساڵ، [٩]ئینجا لە ڕۆژی دەی مانگی حەوت، کەڕەنا لێ دەدەیت لە ڕۆژی کەفارەت، کەڕەنا بە هەموو خاکەکەتان دەگێڕن. [١٠]ساڵی پەنجایەمین تەرخان دەکەن و بانگەوازی ئازادکردن لە زەوییەکەدا ڕادەگەیەنن بۆ هەموو دانیشتووانەکەی، بۆتان دەبێتە یۆبیل[a] و هەریەکە و بۆ موڵکی خۆی دەگەڕێتەوە و هەریەکە و بۆ خێڵەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. [١١]ساڵی پەنجایەمین یۆبیل، ناڕوێنن و ئەوەی خۆڕسکە نایدروونەوە و ڕەزی پەرچ نەکراو نارنن. [١٢]ئەوە یۆبیلە و پیرۆز دەبێت بۆتان، ئەو ساڵە تەنها ئەوە بخۆن کە ڕاستەوخۆ لە کێڵگەوە دەستتان دەکەوێت.

[a] ١٠ ١٠:٢٥ یۆبیل وشەیەکی عیبرییە بە واتای بەران دێت، ساڵی یۆبیل ساڵی ئازادکردنی کۆیلە و لێخۆشبوونە لە قەرز، لەو ساڵەدا کە فوو بە قۆچی بەران دەکەن وەك کەڕەنا ئیتر ئەوە ڕاگەیاندنە بۆ گەڕانەوەی هەموو ماڵوموڵکێك بۆ خاوەنەکەی خۆی.

[١٣] «”لەم ساڵی یۆبیلە هەرکەسە دەگەڕێتەوە سەر موڵکی خۆی.

[١٤] «”جا کاتێك زەوی و زارت بە هاونیشتیمانیت فرۆشت یان لێت کڕی، با کەستان ستەم لەوی دیکەتان نەکات. [١٥] بەگوێرەی ژمارەی ساڵەکانی دوای یۆبیل لە هاونیشتیمانییەکەت دەکڕیت و بەگوێرەی ساڵەکانی کە ماوەتەوە بۆ خەرمانان پێت دەفرۆشێت. [١٦] بەگوێرەی زۆری ساڵەکان نرخی زیاد دەکەیت و بەگوێرەی کەمی ساڵەکان نرخی کەم دەکەیتەوە، چونکە ژمارەی بەروبوومەکەت پێ دەفرۆشێت. [١٧] جا ستەم لە یەکتری مەکەن، بەڵکو لە خوداتان بترسن، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

[١٨] «”فەرزەکانم بەجێبهێنن و ئاگاداری ئەوە بن کە گوێڕایەڵی یاساکانم بن و کاریان پێ بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی لە خاکەکە نیشتەجێ بن. [١٩] زەوییەکەش بەروبوومەکەی دەدات، جا هەتا تێر دەبن لێی دەخۆن و بە ئاسوودەیی تێیدا نیشتەجێ دەبن. [٢٠] ئەگەر بڵێن: ’لە ساڵی حەوتەم چی بخۆین، ئەگەر نەچێنین و بەروبوومەمان کۆنەکەینەوە؟‘ [٢١] ئەوا من فەرمانی بەرەکەتی خۆم دەدەم بۆتان لە ساڵی شەشەمدا، جا بەروبوومی سێ ساڵ دەدات. [٢٢] ساڵی هەشتەم دەچێنن و لە بەروبوومە کۆنەکە دەخۆن، هەتا ساڵی نۆیەم بەروبوومەکەی دەدات لە کۆنەکە دەخۆن.

[٢٣] «”زەوییەکەش هەمیشە هەتاسەر نافرۆشرێت، چونکە زەوییەکە هی منە و ئێوە نامۆ و کرێگرتەی منن، [٢٤] بەڵکو لە هەموو ئەو خاکەی ئەو زەوییەی موڵکتان بووە، پێویستە کڕینەوە بۆ زەوییەکە دابنێن.

[٢٥] «”ئەگەر هاونیشتیمانییەکت هەژار بوو و لە موڵکەکەی خۆی فرۆشت، ئەوا نزیکترین خزمی دێت و فرۆشراوی هاوڵاتییەکەی دەکڕێتەوە. [٢٦] ئەگەر کەسێکیش خزمی نەبێت زەوییەکەی بۆ بکڕێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆی توانی و ئەوەندەی دەستکەوتەوە کە بەشی کڕینەوەکە بکات، [٢٧] ئەوا نرخی ئەو ساڵانە دەژمێرێت لە کاتی فرۆشتنەکەوە و ئەوەندەی دەمێنێتەوە بۆ هاوسەنگکردنی نرخەکە دەداتەوە ئەو کەسە کە پێی فرۆشتووە، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ موڵکەکەی. [٢٨] بەڵام ئەگەر ئەوەندەی لە دەست نەبێت کە بۆی بگەڕێنێتەوە، ئەوا لە دەستی کڕیار دەبێت هەتا ساڵی یۆبیل. ئینجا لە یۆبیلدا دەگەڕێتەوە، ئەو کاتە خاوەنەکەی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ موڵکەکەی.

[٢٩] «”ئەگەر لە شارێکی شوورابەند یەکێك خانووی نیشتەجێبوونی فرۆشت، ئەوا مافی کڕینەوەکەی هەتا تەواوی ساڵێك دەبێت لە کاتی فرۆشتنەوە، لە ماوەی ئەو کاتەدا دەتوانێت بیکڕێتەوە. [٣٠] ئەگەر هەتا تەواوبوونی ئەو ساڵە نەیکڕێتەوە، ئەوا ئەو خانووەی لە شارە شوورابەندەکەیە بە هەمیشەیی هەتاسەر بۆ کڕیارەکە دەبێت، بۆ نەوەکانی و لە یۆبیلدا ناگەڕێتەوە. [٣١] بەڵام خانوو لە لادێی شوورابەند نەبێت، ئەوا وەك کێڵگە هەژمارد دەکرێت، کڕینەوەی هەیە و لە یۆبیلدا دەگەڕێتەوە.

[٣٢] «”لە شارۆچکەکانی لێڤییەکان، لێڤییەکان هەمیشە مافی کڕینەوەی ماڵەکانیان هەیە، کە موڵکی خۆیانە. [٣٣] ماڵەکانی لێڤییەکان مافی کڕینەوە و گەڕانەوەی[a] هەیە، لە ساڵی یۆبیل، چونکە خانووی شارۆچکەکانی لێڤییەکان موڵکی ئەوانە لەنێو نەوەی ئیسرائیل. [٣٤] بەڵام لەوەڕگای دەوروبەری شارۆچکەکانیان نافرۆشرێت، چونکە موڵکێکی هەتاهەتاییە بۆیان.

[٣٥] «”ئەگەر یەکێك لە هاوڵاتیانت هەژار و دەستکورت بوو لەنێوتان، پشتگیری بکە، هەروەك چۆن پشتگیری نامۆ یان نیشتەجێی کاتی دەکەیت، با لەنێوتان بژییێت. [٣٦] نە سووی لێ وەربگرە و نە قازانج، بەڵکو لە خوداکەت بترسە و با هاونیشتیمانیت لەنێوتان بژییێت، [٣٧] نە پارەکەتی بە سوو پێبدە و نە خۆراکەکەتی بە قازانج پێبدە. [٣٨] من یەزدانی

---

[a] ٣٣ لێرە فرۆشتن و کڕینەکە تەنها بۆ ماوەیەك دیاریکراو بووە، واتە پێویست بووە کڕیار لە ساڵی یۆبیل فرۆشراوەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی. تەنها لە شارۆچکەکانی لێڤییەکان بەم شێوازە بووە.

پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسر دەریهێنان هەتا خاکی کەنعانتان بداتێ و ببێت بە خوداتان.

[٣٩]«"ئەگەر هاوڵاتییەکت لەنێوتان هەژار بوو و خۆی فرۆشتە تۆ، وەک کۆیلە کۆیلایەتی پێ مەکە، [٤٠]بەڵکو وەک کرێگرتە و نیشتەجێی کاتی لەنێوتان دەبێت، هەتا ساڵی یۆبیل لەلات کار دەکات. [٤١]ئینجا خۆی و کوڕەکانی لەلات ئازاد دەبن و بۆ خێڵەکەی خۆی و بۆ موڵکی باوباپیرانی دەگەڕێتەوە. [٤٢]لەبەر ئەوەی گەلی ئیسرائیل بەندەی منن، ئەوانەی لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، بۆیە نابێت وەک کۆیلە بفرۆشرێن. [٤٣]بە توندوتیژی بەسەریاندا زاڵ مەبە، بەڵکو لە خودات بترسە.

[٤٤]«"بەڵام کۆیلەکانت و کەنیزەکانت ئەوانەی دەبنە هی تۆ، ئەوا لەو گەلانەی دەوروبەرتان دەبن، لەوان کۆیلە و کەنیزە بۆ خۆتان پەیدا دەکەن. [٤٥]هەروەها لە نەوەی ئەوانەی لای ئێوە نیشتەجێی کاتین و لە خێڵەکانیان کە لەنێوتانن پەیدای دەکەن، ئەوانەی لە خاکی ئێوە لەدایک دەبن، ئەوان دەبنە موڵکی ئێوە. [٤٦]دەیانکەنە موڵکی کوڕانتان لەدوای خۆتان وەک میرات بۆیان، هەتاسەر دەیانکەنە کۆیلە، بەڵام براکانتان لە نەوەی ئیسرائیل، ئەوا هیچ کەسێک بە توندوتیژی بەسەر براکەیدا زاڵ نابێت.

[٤٧]«"ئەگەر نامۆیەک یان نیشتەجێیەکی کاتی لەنێوتان دەوڵەمەند بوو، یەکێک لە هاوڵاتیانتان هەژار بوو و خۆی بەو نامۆیە فرۆشت کە لەنێوتان دەژی، یان بە ئەندامی خێڵی نامۆکە، [٤٨]ئەوا دوای فرۆشتنەکەی کڕینەوەی بۆ دەبێت، یەکێک لە خزمەکانی دەیکڕێتەوە. [٤٩]مامی یان ئامۆزای دەیکڕێتەوە، یەکێک لە خزمەکانی لە خێڵەکەی دەیکڕێتەوە، یان ئەگەر توانای ماددی هەبوو ئەوا خۆی دەکڕێتەوە. [٥٠]لەگەڵ کڕیارەکەی لە ساڵی فرۆشتنییەوە هەتا ساڵی یۆبیل دەژمێرێت و نرخی ئازادبوونی بەپێی نرخی پێدانی کرێگرتەیەک دەبێت لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا. [٥١]ئەگەر ساڵانێکی زۆر مابێت، ئەوا پێویستە ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە لە نرخی کڕینەکەی بەپێی ژمارەی ئەو ساڵانەی کە ماوەتەوە. [٥٢]ئەگەر ساڵانێکی کەم مابێتەوە هەتا ساڵی یۆبیل، ئەوا پێویستە ئەو پارەیە بگەڕێنێتەوە لە نرخی کڕینەکەی بەپێی ژمارەی ئەو ساڵانەی کە ماوەتەوە، [٥٣]وەک کرێگرتەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە. پێویستە ئاگاداربن خاوەنەکەی بە توندوتیژی بەسەریدا زاڵ نەبێت.

[٥٤]«"ئەگەر بەو شێوازانەی پێشوو نەکڕدرێتەوە، ئەوا لە ساڵی یۆبیل خۆی و منداڵەکانی ئازاد دەکرێن، [٥٥]چونکە نەوەی ئیسرائیل بەندەن بۆ من، ئەوان بەندەی منن، ئەوانەی لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، من یەزدانی پەروەردگارتانم.

## پاداشتی گوێڕایەڵی

٢٦ «"بت بۆ خۆتان دروستمەکەن و پەیکەری تاشراو و بەردی تەرخانکراو[a] دامەمەزرێنن، لە خاکەکەتان بەردی وێنە لەسەر کێشراو دامەنێن، هەتا کڕنۆشی بۆ ببەن، چونکە من یەزدانی پەروەردگارتانم.

[٢]«"شەممەکانم دەپارێزن و ڕێز لە پیرۆزگاکەم دەگرن، من یەزدانم.

[٣]«"ئەگەر فەرزەکانم بەجێبهێنن و فەرمانەکانم بەجێبگەیەنن و کاری پێ بکەن، [٤]ئەوا لە کاتی خۆی بارانتان دەدەمێ و زەویش بەری خۆی دەدات و درەختەکانی کێڵگەش بەروبووم دەدات. [٥]گێرەکردنتان بەردەوام دەبێت هەتا چنینەوەی ترێ و چنینەوەی ترێ بەردەوام دەبێت هەتا چاندن، جا هەتا تێری نانتان دەخۆن و بە ئاسوودەیی لە خاکەکەتان نیشتەجێ دەبن.

[٦]«"ئاشتیش لە خاکەکەدا دەنێمەوە، جا دەخەون و کەس ناتانترسێنێت، گیانلەبەرە دڕندەکانیش لە خاکەکەدا لادەبەم و شمشێر بە خاکەکەتاندا تێناپەڕێت. [٧]دوژمنەکانتان ڕاودەنێن و لەبەردەمتان بە شمشێر دەکوژرێن. [٨]پێنج لە ئێوە سەد ڕاودەنێن

[a] ١ مەبەست لەو بەردانەیە بە ستوونی ڕاگیراون بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ١٦:٢١-٢٢.

و سەد لە ئێوە ڕاوی دە هەزار دەنێن و دوژمنەکانتان لەبەردەمتان بە شمشێر دەکوژرێن.

[٩]«”ئاوڕتان لێ دەدەمەوە و بە بەروبوومتان دەکەم و زیادتان دەکەم و پەیمانم لەگەڵتان دەبەمەسەر، [١٠]جا لە بەروبوومی دروێنەی ساڵی پێشوو دەخۆن و بۆ ئەمبارکردنی بەروبوومی نوێ، کۆنەکە دەردەهێنن. [١١]نشینگەکەم لەنێوتان دادەنێم و قێزتان لێ ناکەمەوە، [١٢]لەنێوتان هاتوچۆ دەکەم و دەبم بە خودای ئێوە و ئێوەش دەبن بە گەلی من. [١٣]من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسر دەریهێنان، لەوەی کە کۆیلەی ئەوان بوون و کۆتی نیری[a] ئێوەی شکاند و بە سەربەرزییەوە بەڕێی کردن.

## سزادان بۆ گوێڕایەڵنەبوون

[١٤]«”بەڵام ئەگەر گوێم لێ نەگرن و هەموو ئەم فەرمانانە جێبەجێ نەکەن، [١٥]ئەگەر فەرزەکانم ڕەت بکەنەوە و قێزتان لە یاساکانم ببێتەوە و فەرمانەکانم بەجێنەهێنن، بەڵکو پەیمانەکەم بشکێنن، [١٦]ئەوا من ئەمەتان پێ دەکەم، ترس و تۆقین و نەخۆشی سیل و تایەکتان دەهێنمە سەر کە چاوتان کوێر بکات و گیانتان بشێوێنێت، بێهوودە کشتوکاڵەکەتان دەچێنن، چونکە دوژمنەکانتان دەیخۆن. [١٧]من ڕووتان لێ وەردەگێڕم، جا دوژمنەکانتان دەتانشکێنن و ناحەزەکانتان بەسەرتاندا زاڵ دەبن و کەسیش بەدواتانەوە نەبێت هەر هەڵدێن.

[١٨]«”ئەگەر لەگەڵ ئەوەش هەر گوێم لێ نەگرن، ئەوا حەوت قات بۆ گوناهەکانتان سزاتان دەدەم. [١٩]جا لەخۆبایی کەللەڕەقیتان دەشکێنم و ئاسمانتان وەك ئاسن لێ دەکەم و زەویتان وەك بڕۆنز، [٢٠]بێهوودە ماندوو دەبن و زەویتان بەری خۆی نادات و درەختی زەوی بەروبوومی نادات.

[٢١]«”ئەگەر بە پێچەوانە لەگەڵم جوڵانەوە و نەتانویست گوێم لێ بگرن، ئەوا جارێکی دیکە حەوت قات کارەساتەکەتان لەسەر زیاد دەکەم، بەگوێرەی گوناهەکانتان. [٢٢]دڕندەی کێویتان بۆ بەڕەڵا دەکەم و بێ منداڵتان دەکات و مەڕوماڵاتتان قڕ دەکات و کەمتان دەکاتەوە، جا ڕێگاتان چۆڵ دەبێت.

[٢٣]«”ئەگەر بەوەش تەمبێ نەبوون و بەڵکو بە پێچەوانەوە لەگەڵم جوڵانەوە، [٢٤]ئینجا منیش بە پێچەوانەوە لەگەڵتان دەجوڵێمەوە و حەوت قات بۆ گوناهەکانتان ئازارتان دەدەم. [٢٥]شمشێرێکتان دەهێنمە سەر، تۆڵەی تووڕەیی پەیمانەکەتان لێ دەکاتەوە، جا لە شارۆچکەکانتان کۆدەبنەوە و دەرد دەنێرمە نێوانتان و دەدرێنە دەست دوژمن. [٢٦]کە نان بڕاوتان دەکەم، هەموو نانەکەتان بە دە ژن و لە یەك تەنوور دەکرێت، بە پێوانەش بەشی دەکەن و دەیخۆن، بەڵام تێر نابن.

[٢٧]«”ئەگەر بەوەش گوێم لێ نەگرن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەگەڵم جوڵانەوە، [٢٨]ئەوا بە پێچەوانەوە لەگەڵتان دەجوڵێمەوە بە تووڕەییم و حەوت قات بۆ گوناهەکانتان سزاتان دەدەم. [٢٩]جا گۆشتی کوڕ و کچەکانتان دەخۆن. [٣٠]نزرگەکانی سەر بەرزاییتان[b] وێران دەکەم و قوربانگاکانی بخوورتان تەخت دەکەم، لاشەکانتان فڕێدەدەمە سەر لاشەی بتەکانتان و قێزتان لێ دەکەمەوە. [٣١]شارۆچکەکانتان وێران دەکەم و شوێنە پیرۆزەکانتان دەکەمە چۆڵەوانی، بۆنەکانی خۆشی قوربانی ئێوە دڵخۆشم ناکات. [٣٢]زەوییەکە دەکەمە چۆڵەوانی و دوژمنەکانتان کە تێیدا نیشتەجێ دەبن، سەرسام دەبن. [٣٣]بەناو نەتەوەکاندا پەرشوبڵاوتان دەکەمەوە و شمشێرەکەم هەڵدەکێشم و ڕاوتان دەنێم. جا خاکەکەتان دەبێتە چۆڵەوانی و شارۆچکەکانتان وێران دەبێت، [٣٤]ئەوسا زەوی پشووی ساڵەکانی[c] خۆی وەردەگرێت، هەموو ڕۆژانی چۆڵبوونی، ئێوەش لە خاکی دوژمنەکانتان دەبن، ئەوسا زەوی پشوو دەدات، سوود لە پشووەکانی وەردەگرێت. [٣٥]هەموو ڕۆژانی چۆڵبوونی

[a] ١٣ مەبەستی لە بارگرانییە.

[b] ٣٠ مەبەست لەو شوێنە بەرزانەیە کە بۆ قوربانیکردن و ڕێوڕەسمی پەرستنی بتەکان بووە.

[c] ٣٤ بڕوانە ٤:٢٥.

پشوو دەدات، ئەو پشووانەی کە ئێوە پێتان نەدەدا، کاتێك تێیدا نیشتەجێ بوون.

[٣٦]«”ئەوانەی لێتان دەمێننەوە، ئەوا ترسنۆکی دەخەمە دڵیان لە خاکی دوژمنانیان و دەنگی گەڵایەکی هەڵوەریو دەیانبەزێنێت، جا وەك لە شمشێر هەڵبێن ئاوا هەڵدێن و بێ ئەوەی کەس ڕاویان بنێت دەکەون. [٣٧]بەسەر یەکتردا دەکەون هەروەك لە شمشێر هەڵبێن و بێ ئەوەی کەس ڕاویان بنێت، لەبەردەم دوژمنەکانتان هەستانەوەتان نابێت، [٣٨]جا لەنێو گەلان لەناودەچن و خاکی دوژمنانتان دەتانخوات. [٣٩]ئەوانەی لێتان دەمێننەوە ئەوا لە خاکی دوژمنانتان بە گوناهەکانیانەوە لەناودەچن، هەروەها بە گوناهی باوکانیشیانەوە لەناودەچن.

[٤٠]«”بەڵام ئەگەر دانیان بە گوناهەکانی خۆیان و باوك و باپیرانیاندا نا، لەو ناپاکییەی لەگەڵ من کردیان کە بە پێچەوانەوە لەگەڵم جوڵانەوە، [٤١]لەبەر ئەوە منیش بە پێچەوانەوە لەگەڵیاندا جوڵامەوە و ئەوانم بردە خاکی دوژمنانیان هەتا دڵە خەتەنە نەکراوەکانیان بێفیز بێت و باجی گوناهەکانیان بدەنەوە، [٤٢]ئەوا پەیمانەکەم لەگەڵ یاقوب بەبیر دێتەوە. هەروەها پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاق و پەیمانەکەم لەگەڵ ئیبراهیم و خاکەکەشم بەبیر دێتەوە. [٤٣]خاکەکەش لەلایەن ئەوانەوە چۆڵ دەکرێت و سوود لە پشووەکانی[a] وەردەگرێت کاتێك بەبێ ئەوان چۆڵەوانییە. ئەوانیش باجی گوناهەکانیان دەدەنەوە، چونکە یاساکانی منیان ڕەتکردەوە و لە ناخەوە قێزیان لە فەرزەکانم بووەوە. [٤٤]بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك لە خاکی دوژمنانیان بوون، ڕەتم نەکردنەوە و قێزم لێیان نەکردەوە، هەتا بە تەواوی لەناویان ببەم و پەیمانم لەگەڵیان بشکێنم، چونکە من یەزدانی پەروەردگاریانم. [٤٥]بەڵکو لە پێناویان یادی ئەو پەیمانەیان بۆ دەکەمەوە کە لەگەڵ باوباپیرانیان بەستم، ئەوانەی لەبەرچاوی نەتەوەکان لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان هەتا ببمە خودای خۆیان. من یەزدانم.“»

[٤٦]ئەوانە فەرز و یاسا و ڕێنماییەکان بوون کە یەزدان لەنێوان خۆی و نەوەی ئیسرائیلدا داینا، لە شاخی سینا لەسەر دەستی موسا.

## کڕینەوەی ئەوەی هی یەزدانە

٢٧ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەگەر کەسێك کەسێکی بۆ یەزدان نەزر کرد، ئەوا ئاوای دەخەملێنێت، [٣]ئەگەر خەملاندنەکەت بۆ نێرێکی تەمەن بیست هەتا شەست ساڵ بوو، ئەوا خەملاندنەکەت پەنجا شاقل[b] زیو بەگوێرەی شاقلی پیرۆزگا دەبێت. [٤]ئەگەر مێینەش بوو، ئەوا خەملاندنەکەت سی شاقل دەبێت. [٥]ئەگەر تەمەنی پێنج هەتا بیست ساڵ بوو، ئەوا خەملاندنەکەت بیست شاقل بۆ نێر و دە شاقل بۆ مێ دەبێت. [٦]ئەگەر تەمەنی مانگێك هەتا پێنج ساڵ بوو، ئەوا خەملاندنەکەت پێنج شاقل زیو بۆ نێر و سێ شاقل زیو بۆ مێ دەبێت. [٧]ئەگەر تەمەنی شەست ساڵ و بەرەو سەرەوە بوو، ئەوا خەملاندنەکەت پازدە شاقل بۆ نێر و دە شاقل بۆ مێ دەبێت. [٨]ئەگەر کەسێك نەزری کرد و ئەو کەسە هەژار بوو و ئەو خەملاندنەی لە توانادا نەبوو، ئەوا نەزرەکە دەهێنێتە بەردەم کاهین و کاهینەکەش بۆی دەخەملێنێت. بەگوێرەی توانای ئەو کەسەی نەزرەکەی کردووە کاهینەکە بۆی دەخەملێنێت.

[٩]«”ئەگەر نەزرەکە ئاژەڵ بێت، لەوانەی پەسەندە وەك قوربانی بۆ یەزدان، ئەوا هەموو ئەوەی لێی دەدرێت بە یەزدان، پیرۆز دەبێت. [١٠]پێویستە نەیگۆڕێت و ئاڵوگۆڕی پێ نەکات، باش بە خراپ یان خراپ بە باش، ئەگەر ئاژەڵێکی بە ئاژەڵێکی دیکە ئاڵوگۆڕ کرد، ئەوا هەردوو ئاژەڵەکە پیرۆز دەبن. [١١]ئەگەر نەزرەکە بەپێی ڕێوڕەسم ئاژەڵێکی گڵاو بوو، لەوانەی کە قبوڵ نییە وەك قوربانی بۆ یەزدان،

[a] ٤٣ پشووەکان: لە زمانی عیبری بە واتای شەممەکان دێت.

[b] ٣ هەر شاقلێك یازدە گرام و نیوە.

ئەوا پێویستە ئاژەڵەکە بهێنرێتە بەردەم کاهین. [١٢]جا نرخەکەی دەخەملێنێت، هەر چۆنێك باش بێت یان خراپ، ئەو نرخەی کاهین دەیخەملێنێت، هەر ئەوە دەبێت. [١٣]جا ئەگەر خاوەنەکەی ویستی ئاژەڵەکە بکڕێتەوە، ئەوا پێویستە پێنج یەك بخاتە سەر خەملاندنەکە.

[١٤]«”ئەگەر یەکێك ماڵەکەی تەرخان کرد هەتا بۆ یەزدان پیرۆزکراو بێت، ئەوا کاهینەکە دەیخەملێنێت باش بێت یان خراپ، کاهینەکە چۆنی بخەملێنێت ئاوا دەبێت. [١٥]ئەگەر ئەو کەسە ویستی ماڵە تەرخانکراوەکەی بکڕێتەوە ئەوا پێنج یەکی نرخی خەملاندنەکە دەخاتە سەری و دەبێتەوە هی خۆی.

[١٦]«”ئەگەر کەسێك بەشێکی لە کێڵگەکەی موڵکی خێزانی خۆی بۆ یەزدان تەرخان کرد، ئەوا خەملاندنەکە بەگوێرەی تۆوکردن تێیدا دەبێت، جێی حۆمەرێك[a] تۆوی جۆ بە پەنجا شاقل زیو دەبێت. [١٧]ئەگەر لە ساڵی یۆبیلدا[b] کێڵگەکەی تەرخان کرد، ئەوا بەگوێرەی ئەو خەملاندنەی کە دانراوە دەمێنێتەوە. [١٨]بەڵام ئەگەر لەدوای ساڵی یۆبیل کێڵگەکەی تەرخان کرد، ئەوا کاهینەکە بەگوێرەی ئەو ساڵانەی ماوەتەوە بۆ ساڵی ئایندەی یۆبیل، نرخەکەی بۆ دەژمێرێت. لە خەملاندنەکە کەم دەکاتەوە. [١٩]ئەگەر ئەو کەسەی کێڵگەکەی تەرخان کردووە ویستی کێڵگەکە بکڕێتەوە، ئەوا پێنج یەکی نرخی خەملاندنەکە دەخاتە سەری و کێڵگەکە بۆ ئەو دەبێت. [٢٠]بەڵام ئەگەر کێڵگەکەی نەکڕییەوە یان کێڵگەکەی بە کەسێکی دیکە فرۆشت، ئەوا ئیتر ناکڕدرێتەوە، [٢١]بەڵکو کێڵگەکە لە ساڵی یۆبیل ئازاد دەکرێت، پیرۆز دەبێت، وەك کێڵگەی ڕاگیراو[c] بۆ یەزدان. ئەو کاتە دەبێتە موڵکی کاهینەکان.

[٢٢]«”ئەگەر کێڵگەیەکی کڕاوی بۆ یەزدان تەرخان کرد، کە لە کێڵگەکانی موڵکی خێزانی نەبوو، [٢٣]ئەوا کاهینەکە بڕی خەملاندنەکەی بۆ دەژمێرێت هەتا ساڵی یۆبیل، جا کەسەکە لەو ڕۆژە نرخی خەملاندنەکە دەدات، وەك تەرخانکراوی پیرۆز بۆ یەزدان. [٢٤]لە ساڵی یۆبیلیش کێڵگەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لێی کڕیوە، بۆ خاوەنی ڕەسەنی زەوییەکە. [٢٥]هەموو خەملاندنەکەش بەپێی شاقلی پیرۆزگا دەبێت، هەر شاقلێك بیست گیرە دەبێت.

[٢٦]«”بەڵام هەر نۆبەرەیەکی ئاژەڵ کە وەك نۆبەرە بۆ یەزدان جیا دەکرێتەوە، با کەس تەرخانی نەکات، گا[d] بێت یان بەران ئەوا بۆ یەزدانە؛ [٢٧]ئەگەر لە ئاژەڵە گڵاوەکان بوو، ئەوا بەگوێرەی خەملاندنەکە دەیکڕێتەوە و پێنج یەکیشی دەخاتە سەر. ئەگەر نەیکڕییەوە ئەوا بەگوێرەی خەملاندنەکە دەفرۆشرێت.

[٢٨]«”بەڵام هەموو ڕاگیراوێك[e] کە مرۆڤ بۆ یەزدانی تەرخان دەکات لە هەموو ئەوانەی هەیەتی، لە خەڵك و ئاژەڵ و کێڵگەکانی موڵکی خۆی، ئەوا نافرۆشرێت و ناکڕدرێتەوە، هەموو ڕاگیراوێك هەرەپیرۆزە بۆ یەزدان.

[٢٩]«”هەرکەسێك تەرخانکراو بێت بۆ قڕکردن[f] بە بارمتە ناکڕدرێتەوە، دەبێت بکوژرێت.

[٣٠]«”هەموو دەیەکی زەوی لە دانەوێڵەی زەوی

---

[a] ١٦ (حۆمەر) نزیکەی ١٣٥ کیلۆگرامی تۆوی جۆ. بڕوانە پاشکۆی کتێبەکە.

[b] ١٧ لە ساڵی یۆبیلدا: بڕوانە ٨:٢٥ هتد.

[c] ٢١ بە واتای وەستێنراویش دێت، هەر موڵکێك و هەر گیانلەبەرێك ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ کە جیا کرایەوە بۆ خزمەتی خودا، ئیتر هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نابێت و کڕین و فرۆشتنی لەسەر ناکرێت. لێرە و لە ئایەتی ٢٨.

[d] ٢٦ لە زمانی عیبری دەشێت ئەم وشەیە بۆ نێر و مێ (چێڵ و گا) بەکاربهێنرێت.

[e] ٢٨ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان.

[f] ٢٩ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

و بەروبوومی درەختەکان بۆ یەزدانە، پیرۆزە بۆ یەزدان. [٣١]ئەگەر کەسێك هەندێك لە دەیەکەکەی خۆی کڕییەوە، ئەوا پێنجیەکی دەخاتە سەر، [٣٢]بەڵام گاگەل و مێگەل دەیەمی هەر ئاژەڵێك بەژێر گۆچانی شواندا تێبپەڕێت، ئەوا پیرۆز دەبێت بۆ یەزدان. [٣٣]نابێت تەماشا بکرێت ئاخۆ باشە یان خراپ و ئاڵوگۆڕی پێ ناکات، ئەگەر ئاڵوگۆڕی پێکرد، ئەوا هەردوو ئاژەڵەکە و ئاڵوگۆڕکراوەکە پیرۆز دەبن بۆ یەزدان، ناکڕدرێنەوە.“»

[٣٤]ئەمە فەرمانەکانن کە یەزدان فەرمانی بە موسا کرد بۆ نەوەی ئیسرائیل لە شاخی سینا.

# سەرژمێری

## چوارەم پەڕتووکی موسا

**کورتە باسێك**

**خودا گەلی خۆی پاراست، لە گەشتکردنیان بەناو بیاباندا، پێویستیان بەوەیە کە باوەڕیان هەبێت بۆ ئەوەی بچنە ئەو شوێنە میراتییەی کە خودا بۆی دابین کردوون.**

ئەم پەڕتووکە بە ڕوونی باسی چوونی گەلی خودا دەکات بۆ سنووری خاکی کەنعان، کە خودا بەڵێنی بە باوکانیان دابوو، بەڵام بەهۆی کەللەڕەقی و گوناه و هەڵگەڕانەوەیان سزا دران بەوەی کە نەیانتوانی بچنە ناوی و ببنە خاوەنی. بە فەرمانی خودا ماوەی چل ساڵ لە چۆڵەوانی بەبێ شوێن مانەوە. لەدوای چل ساڵ چوونە نێو سنووری خاکی کەنعان، پاش ئەوەی وانەیەکی قورسیان وەرگرت بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچبوونیان بۆ فەرمان و ڕاسپاردەی خودا؛ پاش ئەوەی لە چەند شەڕێك لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون سەرکەوتن، چوونە ناو سنووری خاکی کەنعان.

موسا بە سروشی خودا (وەحی) ڕایگەیاند کە خودا دڵسۆزە بۆ بەڵێنەکانی خۆی، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە مرۆڤ بە ئاسانی لەخشتە دەبردرێت و تووشی گوناه دەبێت. سەرباری ئەوەی گەلی خودا لە خودا یاخی بوون، بەڵام خودا دڵسۆز بوو بۆ ئەو بەڵێنەی کە دابووی. کاتێك گەلی خودا لە بیابان بوون پێویستییەکانی بۆ فەراهەم دەکردن و هەر کاتێکیش لە خواپەرستی لایاندەدا سزای دەدان.

لە پەیمانی نوێ باوەڕداران بە مەسیح گەلی خودان، ئێمە لە زەوی نامۆین و لە چاوەڕوانی چوونە نێو خاکی کەنعانی ئاسمانیداین. لەو کاتەوە ژیانی هەتاهەتاییمان هەیە و بەردەوام لەبەردەم خودا ژیان دەگوزەرێنین.

### ئاماری یەکەم[a]

١ یەزدان لە چۆڵەوانی سینا، لە چادری چاوپێکەوتندا، لە یەکی مانگی دووی ساڵی دووەمی هاتنەدەرەوەی گەلی ئیسرائیل لە خاکی میسر، بە موسای فەرموو: ٢«سەرژمێری هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بکەن، بە خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیانەوە، بە لستی ناوی نێرینەکان یەك بە یەك. ٣لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن لە ئیسرائیل خزمەت بکەن لە سوپا، تۆ و هارون بەگوێرەی لەشکرەکانیان تۆماریان بکەن. ٤بۆ هەر هۆزێك پیاوێکتان لەگەڵدا بێت، پیاوێك گەورەی بنەماڵەکەی بێت. ٥ئەمەش ناوی ئەو پیاوانەیە کە یارمەتیتان دەدەن:

لە هۆزی ڕەئوبێن ئەلیسوری کوڕی شەدیئور،
٦ لە هۆزی شیمۆن شەلومیێلی کوڕی چووریشەدای،
٧ لە هۆزی یەهودا نەحشۆنی کوڕی عەمیناداب،
٨ لە هۆزی یەساخار نەتەنێلی کوڕی چوعەر،
٩ لە هۆزی زەبولون ئەلیابی کوڕی حێلۆن،
١٠ لە کوڕەکانی یوسف،
لە هۆزی ئەفرایم، ئەلیشاماعی کوڕی عەمیهود و
لە هۆزی مەنەشە، گەمالائیلی کوڕی پەداهچوور.
١١ لە هۆزی بنیامین ئەبیدانی کوڕی گدعۆنی،
١٢ لە هۆزی دان ئەحیعەزەری کوڕی عەمیشەدای،
١٣ لە هۆزی ئاشێر پەگعیێلی کوڕی عۆخران،

[a] ئاماری یەکەم تایبەت بوو بە ناونووسینی پیاوانی ئیسرائیل بۆ سەربازی لەژێر چاودێری موسا بۆ هێرشبردنە سەر خاکی کەنعان لە ناوچەی قادێش بەرنێعەوە.

[14]لە هۆزی گاد ئەلیاسافی کوڕی دەعوئێل،
[15]لە هۆزی نەفتالی ئەحیرەعی کوڕی عێینان.»

[16]ئەوانە هەڵبژێردراوانی کۆمەڵەکەن، سەرکردەی هۆزی باوکانیانن، سەرۆک خێڵەکانی ئیسرائیلن.
[17]جا موسا و هارون هەموو ئەو پیاوانەیان برد
کە باس کران، [18]هەموو کۆمەڵیان لە یەکی مانگی
دوو کۆکردەوە. لە گەنجانی بیست ساڵە بەرەو سەرەوە بەگوێرەی ڕەچەڵەکیان خرانەوە سەر خێڵ و بنەماڵەکانیان، یەك بە یەك ناوەکانیان تۆمار کرا،
[19]هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد. ئینجا لە
چۆڵەوانی سینادا تۆماری کردن.

[20]لە نەوەی ڕەئوبێن کە نۆبەرەی ئیسرائیلە،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، یەکە بە یەکە بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی
خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [21]تۆمارکراوان لە
هۆزی ڕەئوبێن چل و شەش هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

[22]لە نەوەی شیمۆن،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، یەکە بە یەکە ژمێردران و بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان،
[23]تۆمارکراوان لە هۆزی شیمۆن پەنجا و نۆ
هەزار و سێ سەد کەس بوون.

[24]لە نەوەی گاد،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان
و بنەماڵەکانیان. [25]تۆمارکراوان لە هۆزی گاد
چل و پێنج هەزار و شەش سەد و پەنجا کەس بوون.

[26]لە نەوەی یەهودا،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و
بنەماڵەکانیان، [27]تۆمارکراوان لە هۆزی یەهودا
حەفتا و چوار هەزار و شەش سەد کەس بوون.

[28]لە نەوەی یەساخار،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و
بنەماڵەکانیان، [29]تۆمارکراوان لە هۆزی یەساخار
پەنجا و چوار هەزار و چوار سەد کەس بوون.

[30]لە نەوەی زەبولون،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و
بنەماڵەکانیان. [31]تۆمارکراوان لە هۆزی زەبولون
پەنجا و حەوت هەزار و چوار سەد کەس بوون.

[32]لە نەوەی یوسف،
لە نەوەی ئەفرایم،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و
بنەماڵەکانیان. [33]تۆمارکراوان لە هۆزی ئەفرایم
چل هەزار و پێنج سەد کەس بوون.
[34]لە نەوەی مەنەشە،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ

بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان. [٣٥]تۆمارکراوان لە هۆزی مەنەشە سی و دوو هەزار و دوو سەد کەس بوون.

[٣٦]لە نەوەی بنیامین،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [٣٧]تۆمارکراوان لە هۆزی بنیامین سی و پێنج هەزار و چوار سەد کەس بوون.

[٣٨]لە نەوەی دان،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [٣٩]تۆمارکراوان لە هۆزی دان شەست و دوو هەزار و حەوت سەد کەس بوون.

[٤٠]لە نەوەی ئاشێر،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان. [٤١]تۆمارکراوان لە هۆزی ئاشێر چل و یەك هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

[٤٢]لە نەوەی نەفتالی،
هەموو نێرینەیەك لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپادا، بەپێی ناوەکان ڕێکخران، بەگوێرەی تۆمارکردنی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [٤٣]تۆمارکراوان لە هۆزی نەفتالی پەنجا و سێ هەزار و چوار سەد کەس بوون.

[٤٤]ئەوانە تۆمارکراوەکانن، ئەوانەی موسا و هارون و دوازدە سەرۆك هۆزەکانی ئیسرائیل تۆماریان کردن، هەر پیاوێك لە تۆمارکراوەکان نوێنەر بوو بۆ بنەماڵەکەی. [٤٥]جا هەموو نەوەی ئیسرائیل، بەگوێرەی بنەماڵەکانیان لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، هەموو ئەوانەی دەتوانن خزمەت بکەن لە سوپای ئیسرائیلدا تۆمار کران، [٤٦]هەموو تۆمارکراوەکان شەش سەد و سێ هەزار و پێنج سەد و پەنجا کەس بوون.

[٤٧]بەڵام هۆزی لێڤی بنەماڵەکانیان لەگەڵ ئەوان تۆمار نەکران، [٤٨]چونکە یەزدان بە موسای فەرموو: [٤٩]«هۆزی لێڤی تۆمار مەکە و لەنێوان نەوەی ئیسرائیلدا ئاماریان مەکە. [٥٠]بەڵکو لێڤییەکان لەسەر چادری پەیمان و هەموو قاپوقاچاغەکەی و هەموو ئەوەی هەیەتی دابنێ، ئەوان چادرەکەی پەرستن بە هەموو قاپوقاچاغەکانییەوە هەڵدەگرن و ئەوان خزمەتی دەکەن، لە چواردەوری چادرەکەی پەرستنیش چادر هەڵدەدەن. [٥١]لە کاتی گواستنەوەی چادرەکەی پەرستن لێڤییەکان هەڵیدەگرنەوە و لە کاتی هەڵدانی چادرەکەی پەرستنیش لێڤییەکان دایدەمەزرێننەوە. هەرکەسێکی دیکە جگە لە لێڤییەکان لێی نزیك بێتەوە دەکوژرێت. [٥٢]نەوەی ئیسرائیل هەریەکە لە ئۆردوگای خۆی لەژێر بەیداخەکەی خۆی بەپێی لەشکرەکانیان چادر هەڵدەدەن. [٥٣]بەڵام لێڤییەکان لە چواردەوری چادرەکەی پەیمان چادر هەڵدەدەن، هەتا تووڕەیی نەیەتە سەر کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل، جا لێڤییەکان بەرپرسیار دەبن لە پارێزگاری چادری پەیمان.»
[٥٤]نەوەی ئیسرائیلیش ئاوایان کرد، بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

## ڕێکخستنی ئۆردوگاکانی هۆزەکان

٢ هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٢]«نەوەی ئیسرائیل، هەریەکە لەژێر بەیداخەکەی خۆی، بە لافیتەکانی بنەماڵەکانیانەوە

چادر هەڵدەدەن، ڕووەو چادری چاوپێکەوتن و دەوروبەری.»

[٣]ئەوانەی لەلای ڕۆژهەڵات چادر هەڵدەدەن ڕووەو خۆر هەڵاتن لەژێر بەیداخی ئۆردوگای یەهودایە بەگوێرەی لەشکرەکانیان، سەرۆکی نەوەی یەهوداش نەحشۆنی کوڕی عەمینادابە، [٤]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش حەفتا و چوار هەزار و شەش سەد کەسن.
[٥]پاشان هۆزی یەساخار لەتەنیشتیانەوە چادر هەڵدەدەن، سەرۆکی نەوەی یەساخاریش نەتەنێلی کوڕی چوعەر و [٦]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش پەنجا و چوار هەزار و چوار سەد کەسن.
[٧]پاشان هۆزی زەبولون، سەرۆکی نەوەی زەبولونیش ئەلیابی کوڕی حێلۆنە و [٨]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش پەنجا و حەوت هەزار و چوار سەد کەسن.
[٩]هەموو پیاوانی دانراویش لە ئۆردوگای یەهودا، بەگوێرەی لەشکرەکانیان سەد و هەشتا و شەش هەزار و چوار سەد کەسن، یەکەمن لە بەڕێکەوتندا.

[١٠]لەژێر بەیداخی ئۆردوگای ڕەئوبێن بەلای باشوور بەگوێرەی لەشکرەکانیان، سەرۆکی نەوەی ڕەئوبێنیش ئەلیسوری کوڕی شەدیئورە و [١١]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش چل و شەش هەزار و پێنج سەد کەسن.
[١٢]پاشان هۆزی شیمۆن لەتەنیشتیانەوە چادر هەڵدەدەن، هۆزی شیمۆن، سەرۆکی نەوەی شیمۆنیش شەلومیێلی کوڕی چووریشەدایە و [١٣]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانی پەنجا و نۆ هەزار و سێ سەد کەسن.
[١٤]پاشان هۆزی گاد، سەرۆکی نەوەی گادیش ئەلیاسافی کوڕی دەعوئێلە و [١٥]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش چل و پێنج هەزار و شەش سەد و پەنجا کەسن.

[١٦]هەموو پیاوانی دانراویش لە ئۆردوگای ڕەئوبێن، بەگوێرەی لەشکرەکانیان سەد و پەنجا و یەك هەزار و چوار سەد و پەنجا کەسن، دووەمن لە بەڕێکەوتندا.

[١٧]ئینجا چادری چاوپێکەوتن، ئۆردوگای لێڤییەکان لەناوەندی ئۆردوگاکان بەڕێ دەکەوێت، چۆن چادر هەڵدەدەن بە هەمان شێوە بەڕێ دەکەون، هەریەکە و لە شوێنی خۆی لەژێر بەیداخەکەی.

[١٨]لەژێر بەیداخی ئۆردوگای ئەفرایم بەگوێرەی لەشکرەکانیان لەلای ڕۆژئاوا، سەرۆکی نەوەی ئەفرایم ئەلیشاماعی کوڕی عەمیهودە و [١٩]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانی چل هەزار و پێنج سەد کەسن.
[٢٠]پاشان هۆزی مەنەشە لەتەنیشتیانەوە و سەرۆکی نەوەی مەنەشەش گەمالائیلی کوڕی پەداهچوورە و [٢١]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانی سی و دوو هەزار و دوو سەد کەسن.
[٢٢]پاشان هۆزی بنیامین، سەرۆك بۆ نەوەی بنیامینیش ئەبیدانی کوڕی گدعۆنییە و [٢٣]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش سی و پێنج هەزار و چوار سەد کەسن.
[٢٤]هەموو پیاوانی دانراویش لە ئۆردوگای ئەفرایم، بەگوێرەی لەشکرەکانیان سەد و هەشت هەزار و سەد کەسن، سێیەمن لە بەڕێکەوتندا.

[٢٥]لەژێر بەیداخی ئۆردوگای دان بەگوێرەی لەشکرەکانیان بەلای باکوور، ئەحیعەزەری کوڕی عەمیشەدای سەرۆکی نەوەی دان بوو و [٢٦]ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش شەست و دوو هەزار و حەوت سەد کەسن.
[٢٧]پاشان هۆزی ئاشێر، لەتەنیشتیانەوە چادر هەڵدەدەن، سەرۆکی نەوەی ئاشێریش پەگعیێلی کوڕی عۆخرانە و [٢٨]ژمارەی سەربازە

تۆمارکراوەکانیش چل و یەك هەزار و پێنج سەد کەسن.

٢٩ پاشان هۆزی نەفتالیش، سەرۆکی نەوەی نەفتالی ئەحیرەعی کوڕی عێینانە و ٣٠ ژمارەی سەربازە تۆمارکراوەکانیش پەنجا و سێ هەزار و چوار سەد کەسن.

٣١ هەموو پیاوانی دانراویش لە ئۆردوگای دان سەد و پەنجا و حەوت هەزار و شەش سەد کەسن، لەژێر بەیداخەکانیان لە کۆتاییدا بەڕێ دەکەون.

٣٢ ئەوانە تۆمارکراوەکانی نەوەی ئیسرائیلن بەگوێرەی بنەماڵەکانیان. هەموو تۆمارکراوان لە ئۆردوگاکان بە لەشکرەکانیانەوە شەش سەد و سێ هەزار و پێنج سەد و پەنجا کەسن. ٣٣ بەڵام لێڤییەکان لەنێوان نەوەی ئیسرائیلدا تۆمار نەکران، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

٣٤ جا نەوەی ئیسرائیل بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، ئاوایان کرد، ئاوا لەژێر بەیداخەکانیان چادریان هەڵدا و ئاوا بەڕێکەوتن، هەریەکە بەگوێرەی خێڵەکەی خۆی لە بنەماڵەکەی.

## لێڤییەکان

٣ ئەمەش نەوەی هارون و موسایە، ئەو ڕۆژەی یەزدان لەگەڵ موسادا لە شاخی سینا دوا.

٢ ئەمەش ناوی کوڕەکانی هارونە، نادابی نۆبەرە و ئەبیهو و ئەلعازار و ئیتامار. ٣ ئەمەش ناوی نەوەکانی هارونە، کاهینە دەستنیشانکراوەکان ئەوانەی ئەرکی کاهینێتییان پێ سپێردراوە. ٤ ناداب و ئەبیهو لەبەردەم یەزدان مردن، کاتێك لە چۆڵەوانی سینا ئاگرێکی نامۆیان لەبەردەم یەزدان پێشکەش کرد[a]. لەبەر ئەوەی هیچ کوڕیان نەبوو، ئەلعازار و ئیتامار لەبەردەم هارونی باوکیان خزمەتی کاهینێتییان کرد.

٥ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٦ «هۆزی لێڤی بهێنە پێش و لەبەردەم هارونی کاهین ڕایانبگرە و با یاریدەدەری بن، ٧ جا هەڵدەستن بە پارێزگاری بۆ ئەو و لە جیاتی هەموو کۆمەڵ لەبەردەم چادری چاوپێکەوتن، بەهۆی کارکردنیان لە چادرەکەی پەرستن. ٨ پارێزگاری لە هەموو قاپوقاچاغەکانی چادری چاوپێکەوتن دەکەن و بە کارکردنیان لە چادرەکەی پەرستن کار بۆ نەوەی ئیسرائیل دەکەن. ٩ لێڤییەکان دەدەیتە هارون و کوڕەکانی، لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا ئەوان بە تەواوەتی پێشکەشکراون بەو. ١٠ هارون و کوڕەکانی دادەمەزرێنیت و کاهینێتییەکەیان دەپارێزن و هەرکەسێکی دیکە لە پیرۆزگا نزیك ببێتەوە دەکوژرێت.»

١١ یەزدان بە موسای فەرموو: ١٢ «ئێستا من لێڤییەکان دەبەم، لەنێو نەوەی ئیسرائیل لە جیاتی هەر نۆبەرەیەکی نێر لە سکی ئافرەت کە لە نەوەی ئیسرائیل بێت. ئیتر لێڤییەکان دەبنە هی من، ١٣ چونکە هەموو نۆبەرەیەك بۆ منە، ئەو ڕۆژەی لە خاکی میسردا لە هەموو نۆبەرەیەکم دا، ئەوا هەموو نۆبەرەیەك لە ئیسرائیلدا لە خەڵك و لە ئاژەڵ بۆ خۆمم پیرۆز کرد، بۆ من دەبن، من یەزدانم.»

١٤ هەروەها یەزدان لە چۆڵەوانی سینادا بە موسای فەرموو: ١٥ «نەوەی لێڤی بەگوێرەی بنەماڵەکانیان و خێڵەکانیان تۆمار بکە، هەموو نێرینەیەك لە کۆرپەی یەك مانگ بەرەو سەرەوە تۆمار دەکەیت.» ١٦ موساش بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان هەروەك فەرمانی کردبوو، تۆماری کردن.

١٧ ئەمانە ناوی نەوەکانی لێڤی بوو:

گێرشۆن و قەهات و مەراری.

١٨ ئەوەش ناوی دوو کوڕەکەی گێرشۆنە بەگوێرەی خێڵەکانیان:

لیبنی و شیمعی.

١٩ نەوەی قەهاتیش بەگوێرەی خێڵەکانیان:

عەمرام و یەسهار و حەبرۆن و عوزیێل.

٢٠ دوو کوڕەکەی مەراریش بەگوێرەی خێڵەکانیان:

مەحلی و موشی.

ئەمە خێڵی لێڤییەکانە بەگوێرەی بنەماڵەکانیان.

[a] ٤ بڕوانە لێڤییەکان ١٠:١-٣.

[21]بۆ گێرشۆن خێڵی لیبنییەکان و خێڵی شیمعییەکان.

ئەمە خێڵەکانی گێرشۆنییەکانە، [22]ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگ بەرەو سەرەوە، تۆمارکراوان لێیان حەوت هەزار و پێنج سەد کەس بوون. [23]خێڵەکانی گێرشۆنییەکان لە پشت چادری پەرستنەوە بەلای ڕۆژئاوا چادر هەڵدەدەن، [24]گەورەی بنەماڵەی گێرشۆنییەکانیش ئەلیاسافی کوڕی لائێل بوو. [25]نەوەی گێرشۆن لە چادری چاوپێکەوتن بەرپرسیار بوون لە پارێزگاری چادرەکەی پەرستن و چادرەکە و پۆشەرەکەی، پەردەی دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، [26]پەردەکانی حەوشەکە و پەردەی دەروازەی حەوشەکە کە لە دەوری چادرەکەی پەرستنە و لە دەوری قوربانگاکەن بە چواردەوری و گوریسەکانی، لەگەڵ هەموو ئەو خزمەتەی پەیوەست بوو پێیانەوە.

[27]بۆ قەهاتیش خێڵی عەمرامییەکان، خێڵی یەسهارییەکان، خێڵی حەبرۆنییەکان و خێڵی عوزیێلییەکان بوون. ئەمە خێڵەکانی قەهاتییەکانە [28]ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگ بەرەو سەرەوە هەشت هەزار و شەش سەد کەس بوون. قەهاتییەکان بەرپرسیار بوون لە پارێزگاری پیرۆزگا. [29]خێڵەکانی نەوەی قەهات لەلای باشووری چادرەکەی پەرستن چادر هەڵدەدەن. [30]گەورەی بنەماڵەکانی خێڵەکانی قەهاتییەکانیش ئەلیچافانی کوڕی عوزیێل بوو. [31]بەرپرسیار بوون لە پارێزگاری سندوقەکە، مێزەکە، چرادانەکە، قوربانگاکان، قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە کە خزمەتی پێ دەکەن، پەردەی شوێنی هەرەپیرۆز و هەموو ئەوەی لەگەڵی بەکاردەهێنرێت. [32]بۆ سەرۆکی سەرکردەکانی لێڤییەکانیش ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهین، سەرپەرشتیار بوو بەسەر ئەو کەسانەی کە بەرپرسیار بوون لە پارێزگاری پیرۆزگا.

[33]بۆ مەراری، خێڵی مەحلییەکان و خێڵی موشییەکان، ئەمە خێڵەکانی مەرارییە. [34]تۆمارکراوان لێیان بەپێی ژمارەی هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگ بەرەو سەرەوە شەش هەزار و دوو سەد کەس بوون. [35]گەورەی بنەماڵەی خێڵەکانی مەراریش چووریێلی کوڕی ئەبیحەیلە، لەلای باکووری چادرەکەی پەرستن چادر هەڵدەدەن. [36]سەرپەرشتیاری پارێزگاری لە نەوەی مەراریش چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستن و کاریتەکانی و کۆڵەکەکانی و بناغەکانی و هەموو کەلوپەلەکانی و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت و [37]کۆڵەکەکانی حەوشەکە لە چواردەوری و بنکە و سنگ و گوریسەکانی بوون.

[38]موسا و هارون و کوڕەکانی لەلای ڕۆژهەڵاتی چادرەکەی پەرستن، ڕووەو ڕۆژهەڵات لەبەردەم چادری چاوپێکەوتن چادر هەڵدەدەن. بەرپرسیار بوون لە پارێزگاری پیرۆزگا لە جیاتی نەوەی ئیسرائیل، هەرکەسێکی دیکەش کە لە پیرۆزگا نزیك بکەوتبایەوە دەکوژرا.

[39]هەموو تۆمارکراوانی لێڤییەکان ئەوانەی موسا و هارون بەپێی فەرمایشتی یەزدان بەگوێرەی خێڵەکانیان تۆماریان کردن، هەموو نێرینەیەکی کوڕی یەك مانگ بەرەو سەرەوە بیست و دوو هەزار کەس بوون.

[40]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: «هەموو نێرینەیەکی نۆبەرە لە نەوەی ئیسرائیل لە کۆرپەی یەك مانگ بەرەو سەرەوە تۆمار بکە و لستی ناوەکانیان وەربگرە. [41]من یەزدانم، لێڤییەکان لە جیاتی هەموو نۆبەرەیەکی نەوەی ئیسرائیل و مەڕومالاتی لێڤییەکانیش لە جیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە مەڕومالاتی نەوەی ئیسرائیل بۆ من دادەنێیت.»

[42]جا موسا وەك یەزدان فەرمانی پێ کرد هەموو نۆبەرەیەکی لە نەوەی ئیسرائیل تۆمار کرد، [43]هەموو کۆرپەیەکی نۆبەرەی نێرینە لە تەمەنی یەك مانگ بەرەو سەرەوە لە لستی ناوەکان تۆمارکران، بیست و دوو هەزار و دوو سەد و حەفتا و سێ کەس بوون.

[٤٤] یەزدان بە موسای فەرموو: [٤٥]«لێڤییەکان لە جیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە نەوەی ئیسرائیل دابنێ و مەڕوماڵاتی لێڤییەکانیش لە جیاتی مەڕوماڵاتەکانیان، جا لێڤییەکان بۆ من دەبن. من یەزدانم. [٤٦]بۆ کڕینەوەی ئەو دوو سەد و حەفتا و سێیەش لە نۆبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل کە لە لێڤییەکان زیاترن، [٤٧]پێنج شاقل بۆ هەر سەرێك وەردەگریت، بەگوێرەی شاقلی پیرۆزگا وەریدەگریت. هەر شاقلێك بیست گێرایە. [٤٨]زیوەکەش دەدەیتە هارون و کوڕەکانی، کڕینەوەی ئەوانەیە کە لێیان زیادن.»

[٤٩]جا موسا زیوی کڕینەوەیانی وەرگرت، لەوانەی لە کڕینەوەی لێڤییەکان زیاد بوون، [٥٠]لە نۆبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل هەزار و سێ سەد و شەست و پێنج زیوی[a] بەگوێرەی شاقلی پیرۆزگا وەرگرت. [٥١]موساش زیوی کڕینەوەکەی بە هارون و کوڕەکانی دا بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا کردبوو.

## قەهاتییەکان

٤ یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٢]«سەرژمێری نەوەی قەهات لەنێو نەوەی لێڤییەکان بکەن، بەگوێرەی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [٣]لە پیاوی سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ، هەموو ئەوانەی دەتوانن بچن بۆ خزمەت هەتا لە چادری چاوپێکەوتن کار بکەن.

[٤]«نەوەی قەهات خزمەتی شتە هەرەپیرۆزەکانی ناو چادری چاوپێکەوتن دەکەن. [٥]هارون و کوڕەکانی لە کاتی کۆچکردنی ئۆردوگا دێن و پەردەکەی شوێنی هەرەپیرۆز هەڵدەگرنەوە و سندوقی شایەتی پێ دادەپۆشن. [٦]ئینجا پۆشەرەکەی لە پێستی مانگای دەریا بەسەردا دەدەن و لەسەر ئەوەشەوە قوماشێك هەمووی ڕیسی مۆر بێت ڕایدەخەن و دارەکانیشی دەخەنە شوێنی خۆی.

[٧]«لەسەر مێزی نانی تەرخانکراو بۆ خودا قوماشێکی لە ڕیسی مۆر ڕادەخەن و لەگەن و قاپ و تاس و دۆلکەکانی شەرابی پێشکەشکراوی لەسەری دادەنێن و بەردەوام نانەکەی لەسەر دەبێت. [٨]قوماشێکی سووری ئاڵیشی لەسەر ڕادەخەن و بە پۆشەرێك لە پێستی مانگای دەریا دای دەپۆشن و دارەکانی دەخەنە شوێنی خۆی.

[٩]«قوماشێك لە ڕیسی مۆر دەبەن و چرادانەکەی ڕووناکی و چراکانی و مەقاش و مەقەڵی و هەموو قاپوقاچاغەکانی زەیتەکەی کە خزمەتی پێ دەکەن دادەپۆشن. [١٠]لەگەڵ هەموو قاپوقاچاغەکەی دەیخەنە ناو پۆشەرێك لە پێستی مانگای دەریا و دەیخەنە سەر هەڵگرێك.

[١١]«لەسەر قوربانگا زێڕینەکەش قوماشێکی ڕیسی مۆر ڕادەخەن و بە پۆشەرێك لە پێستی مانگای دەریا دایدەپۆشن و دارەکانی دەخەنە شوێنی خۆی.

[١٢]«هەموو قاپوقاچاغەکانی خزمەتکردن کە خزمەتی پێ دەکەن لە پیرۆزگا دەیبەن و لەناو قوماشێکی ڕیسی مۆر دایدەنێن و بە پۆشەرێك لە پێستی مانگای دەریا دای دەپۆشن و دەیخەنە سەر هەڵگرێك.

[١٣]«خۆڵەمێشی قوربانگا بڕۆنزییەکەش هەڵدەگرن و قوماشێکی ئەرخەوانی لەسەر ڕادەخەن. [١٤]هەموو قاپوقاچاغەکانی کە لە قوربانگاکە بۆ خزمەت بەکاریدەهێنن دەیخەنە سەری، مەقەڵییەکان، چەنگاڵەکان، خاکەنازەکان و تاسەکان[b]، هەموو قاپوقاچاغی قوربانگاکە، پۆشەرێك لە پێستی مانگای دەریاشی بەسەردا ڕادەخەن و دارەکانی دەخەنە شوێنی خۆی.

[١٥]«کاتێك هارون و کوڕەکانی لە پۆشینی پیرۆزگاکە و هەموو قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە دەبنەوە، لە کاتی کۆچکردنی ئۆردوگاکە، ئینجا نەوەی قەهات بۆ هەڵگرتن دێن، بەڵام دەست لە شتە پیرۆزکراوەکان

---

[a] ٥٠ نزیکەی ١٥,٥ کیلۆگرام.

[b] ١٤ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ٩:١٥؛ ٢٠:١٤ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

نادەن نەوەك بمرن، ئەوە بارهەڵگرتنی نەوەی قەهاتە لە چادری چاوپێکەوتن.

[١٦]«ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهینیش سەرپەرشتی زەیتی ڕووناکی، بخوورە بۆنخۆشەکە، پێشکەشکراوی دانەوێڵەی بەردەوام و زەیتی دەستنیشانکردن دەکات. هەروەها سەرپەرشتی هەموو چادرەکەی پەرستن دەکات، هەموو ئەوەی تێیدایە، بە شتومەکە پیرۆزەکانی و قاپوقاچاغەکانییەوە.»

[١٧]هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو:
[١٨]«خێڵەکانی قەهاتییەکان لەنێو لێڤییەکان دامەبڕن،
[١٩]بەڵکو ئەمەیان بۆ بکەن، جا دەژین و لە کاتی نزیککەوتنەوەیان لە شتە هەرەپیرۆزەکان نامرن، هارون و کوڕەکانی دەچنە ژوورەوەی پیرۆزگاکە و هەرکەسێك لەسەر خزمەتەکەی و بارەکەی دادەنێن.
[٢٠]بەڵام بۆ ساتێك قەهاتییەکان ناچنە ژوورەوە بۆ ئەوەی شتە پیرۆزکراوەکان ببینن نەوەك بمرن.»

## گێرشۆنییەکان

[٢١]یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٢]«سەرژمێری نەوەی گێرشۆنیش بکە بەگوێرەی بنەماڵە و خێڵەکانیان، [٢٣]لە پیاوی سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ تۆمار دەکەیت، هەموو ئەوانەی بچنە خزمەت هەتا لە چادری چاوپێکەوتندا خزمەت بکەن.

[٢٤]«ئەمەش خزمەتی خێڵەکانی گێرشۆنییەکانە لە خزمەت و لە بارهەڵگرتن، [٢٥]پڵاسەکانی چادرەکەی پەرستن و چادری چاوپێکەوتن و پۆشەرەکەی و پۆشەرە پێست مانگای دەریاکە کە لە سەرەوە لەسەریەتی و پەردەکەی دەروازەی چادری چاوپێکەوتن هەڵدەگرن. [٢٦]هەروەها پەردەکانی حەوشەکە، ئەوانەی لە دەوری چادری پەرستن و لە دەوری قوربانگاکەن بە چواردەوریدا، پەردەی دەروازەی حەوشەکە، لەگەڵ گوریسەکانی و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بۆ خزمەت بەکاردەهێنرێت، هەموو ئەوەی بۆیان دیاری دەکرێت، گێرشۆنییەکان دەیکەن. [٢٧]هەموو خزمەتی نەوەی گێرشۆنییەکان چ لە بارهەڵگرتن یان هەر کارێکی دیکە بە سەرپەرشتی هارون و کوڕەکانی دەبێت، تۆش دیاریکردنی بەرپرسیارێتی هەموو بارەکانی خۆیان پێ دەسپێریت، [٢٨]ئەمە خزمەتی خێڵەکانی نەوەی گێرشۆنییەکانە لە چادری چاوپێکەوتن و ئیتاماری کوڕی هارونی کاهین سەرپەرشتییان دەکات.

## مەرارییەکان

[٢٩]«نەوەی مەراری بەگوێرەی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان تۆماریان دەکەیت. [٣٠]لە پیاوی سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ تۆمار دەکەیت، هەموو ئەوانەی دەچنە خزمەت هەتا خزمەتەکەی چادری چاوپێکەوتن بکەن. [٣١]ئەمەش بەرپرسیارێتی خزمەتەکەیانە لە چادری چاوپێکەوتن، چوارچێوەکانی چادرەکەی پەرستن و کاریتەکانی، کۆڵەکەکانی، بناغەکانی، [٣٢]کۆڵەکەکانی حەوشەکە بە چواردەوریدا، بناغەکانی، سنگەکانی و گوریسەکانی لەگەڵ هەموو قاپوقاچاغ و هەموو ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت. بە ناویش هەر پیاوێك دیاری دەکەیت بۆ ئەو شتەی پێویستە هەڵیبگرێت.
[٣٣]ئەمە خزمەتی خێڵەکانی نەوەی مەرارییە، هەموو خزمەتەکەیان لە چادری چاوپێکەوتن بە سەرپەرشتی ئیتامار کوڕی هارونی کاهینە.»

## تۆمارکردنی خێڵەکانی لێڤییەکان

[٣٤]جا موسا و هارون و ڕابەرەکانی کۆمەڵ نەوەی قەهاتییەکانیان تۆمار کرد، بەگوێرەی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، [٣٥]لە پیاوی سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ، هەموو ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ خزمەتکردن لە چادری چاوپێکەوتن.
[٣٦]جا تۆمارکراوەکانیان بەگوێرەی خێڵەکانیان دوو هەزار و حەوت سەد و پەنجا کەس بوون. [٣٧]ئەوانە تۆمارکراوەکانن لە خێڵەکانی قەهاتییەکان، هەموو ئەوانەی لە چادری چاوپێکەوتندا خزمەت دەکەن، ئەوانەی موسا و هارون بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان لەسەر دەستی موسا تۆماریان کردن.

[٣٨]تۆمارکراوەکانی نەوەی گێرشۆنیش بەگوێرەی

خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، ٣٩لە پیاوی سی
ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ، هەموو
ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ خزمەتکردن لە
چادری چاوپێکەوتن، ٤٠تۆمارکراوەکانیان بەگوێرەی
خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان دوو هەزار و شەش
سەد و سی کەس بوون. ٤١ئەوانە تۆمارکراوەکانن
لە خێڵەکانی نەوەی گێرشۆن، هەموو ئەوانەی لە
چادری چاوپێکەوتندا خزمەت دەکەن، ئەوانەی موسا
و هارون بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان تۆماریان
کردن.

٤٢تۆمارکراوان لە خێڵەکانی نەوەی مەراریش
بەگوێرەی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان ٤٣لە پیاوی
سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ، هەموو
ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ خزمەتکردن لە
چادری چاوپێکەوتندا، ٤٤تۆمارکراوەکانیان بەگوێرەی
خێڵەکانیان سێ هەزار و دوو سەد کەس بوون.
٤٥ئەوانە تۆمارکراوەکانن لە خێڵەکانی نەوەی مەراری
کە موسا و هارون بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان
لەسەر دەستی موسا تۆماریان کردن.

٤٦هەموو تۆمارکراوەکانی لێڤییەکان کە موسا و
هارون و سەرکردەکانی ئیسرائیل تۆماریان کردن
بەگوێرەی خێڵەکانیان و بنەماڵەکانیان، ٤٧لە پیاوی
سی ساڵ بەرەو سەرەوە هەتا پەنجا ساڵ، هەموو
ئەوانەی دەچنە خزمەتەوە بۆ کاری خزمەت و کاری
بارهەڵگرتن لە چادری چاوپێکەوتندا، ٤٨تۆمارکراوان
لێیان هەشت هەزار و پێنج سەد و هەشتا کەس
بوون. ٤٩بەپێی فەرمایشتی یەزدان لەسەر دەستی
موسا، هەرکەسێك بەگوێرەی خزمەتەکەی و
بارهەڵگرتنەکەی تۆمارکرا.

بەم شێوەیە موسا تۆماری کردن وەك چۆن یەزدان
فەرمانی پێ کرد.

## پاکی ئۆردوگاکە

٥ یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«فەرمان بە
نەوەی ئیسرائیل بکە کە هەرکەسێك نەخۆشی
گواستراوەی پێست یان ئەوەی لێچوونی گڵاوی[a]
هەبێت، یان ئەوەی بەپێی ڕێوڕەسمی ئایینی بە
مردوو گڵاو بووبێت، لە ئۆردوگاکە دووریان بخەنەوە.
٣نێر و مێ دوور دەخەنەوە، بۆ دەرەوەی ئۆردوگا
دووریان دەخەنەوە هەتا ئۆردوگاکانیان گڵاو نەکەن
کە من لەنێویاندا نیشتەجێم.» ٤جا نەوەی ئیسرائیل
ئاوایان کرد و بۆ دەرەوەی ئۆردوگاکە دووریان
خستنەوە، هەروەك چۆن یەزدان لەگەڵ موسادا دوا،
نەوەی ئیسرائیل ئاوایان کرد.

## قەرەبووکردنەوەی گوناه

٥یەزدان بە موسای فەرموو: ٦«بە نەوەی ئیسرائیل
بڵێ: ”ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك گوناهێك لە
گوناهەکانی مرۆڤ بکات، واتە ناپاکی لەگەڵ
یەزدان کرد، ئەوا ئەو کەسە تاوانی کردووە، ٧با دان
بە گوناهەکەیدا بنێت کە کردوویەتی و ئەوەی پێی
تاوانبار بووە بە تەواوی بیگەڕێنێتەوە، پێنج یەکیشی
بۆ زیاد بکات و بیداتە ئەوەی تاوانەکەی لە دژی
کردووە. ٨بەڵام ئەگەر ئەو کەسە مردوو بوو و خزمی
نزیکی نەبوو هەتا وەریبگرێتەوە، ئەوا ئەوەی پێی
تاوانبار بووە دەگەڕێتەوە بۆ یەزدان و بۆ کاهین
دەبێت، لەگەڵ بەرانێك کە کەفارەتی پێ دەکات
بۆی. ٩هەموو پیتاکێك و دیارییەکی پیرۆزی نەوەی
ئیسرائیل کە پێشکەشی کاهینی دەکەن بۆ ئەو
دەبێت. ١٠هەموو دیارییە پیرۆزکراوەکانی مرۆڤیش
بۆ خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر کەسێك شتێکی دا بە
کاهین ئەوا بۆ کاهین دەبێت.“»

## سەلماندنی داوێنپاکی ژن

١١ یەزدان بە موسای فەرموو: ١٢«لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەگەر ژنی پیاوێك لەڕێ
لایدا و ناپاکی لەگەڵ کرد، ١٣لەگەڵ پیاوێك جووت
بوو، ئەوەش لە چاوانی پیاوەکەی شاردراوە بوو و

[a] ٢ لێچوونی گڵاوی: بڕوانە لێڤییەکان ١٥.

داوێنپیسییەکەی[a] ئاشکرا نەبوو، هیچ شایەتێکیشی بەسەرەوە نەبوو، چونکە لەسەر کردارەکە نەگیرا بوو، ١٤کابراش ڕۆحی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیسە، یان ڕۆحی دڵپیسی دایگرت و لە ژنەکەی بە گومان بوو کە داوێنپیس نییە، ١٥ئەوا پیاوەکە ژنەکەی دەهێنێتە لای کاهین و پێشکەشکراوەکەشی لەگەڵدا دەهێنێت، دەیەکی ئێفەیەک[b] ئاردی جۆ نە زەیتی بەسەردا دەکات و نە بخوور، چونکە پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییە و قوربانی یادگارییە، یادی تاوان دەکاتەوە.

١٦«”کاهینەکە ژنەکە دەهێنێتە پێش و لەبەردەم یەزدان ڕایدەگرێت. ١٧کاهینەکە لە گۆزەیەکی گڵین ئاوێکی پیرۆز دەبات و لە تۆزی سەر زەوی چادرەکەی پەرستن هەڵدەگرێت و لەناو ئاوەکەی دەکات. ١٨کاهینەکە ژنەکە لەبەردەم یەزدان ڕادەگرێت و سەری ڕووت دەکاتەوە، پێشکەشکراوی دانەوێڵەی یادەوەرییەکە کە پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییە دەکاتە ناو دەستی ژنەکە و ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش لە دەستی کاهینەکە دەبێت. ١٩ئینجا کاهینەکە ژنەکە سوێند دەدات و پێی دەڵێت: ’ئەگەر هیچ پیاوێك لەگەڵت جووت نەبووە و بە دزی پیاوەکەت بەرەو داوێنپیسی لەڕێ لات نەداوە، لە کاتێکدا ژنی پیاوەکەتی ئەوا بێتاوان بە لەم ئاوەی نەفرەت کە تاڵە. ٢٠بەڵام ئەگەر بە دزی پیاوەکەت لەڕێ لاتداوە و گڵاو بوویت و پیاوێکی دیکە جیا لە مێردەکەت لەگەڵت جووت بووە،‘ ٢١لێرە کاهینەکە ژنەکە بە سوێندی نەفرەت سوێند دەدات، کاهینەکە بە ژنەکە دەڵێت، ’یەزدان دەتخاتە بەر نەفرەت و سوێند لەنێو گەلەکەت بەوەی کە یەزدان ڕانت لاواز دەکات و سکت دەئاوسێنێت[c]. ٢٢ئەم ئاوەی نەفرەت دەچێتە ناو هەناوت بۆ ئاوسانی سك و لاوازی ڕان.‘

«”ژنەش دەڵێت، ’ئامین، ئامین.‘

٢٣«”کاهینیش ئەم نەفرەتانە لە پەڕەیەك دەنووسێت، ئینجا لەناو ئاوە تاڵەکە دەیشواتەوە. ٢٤ئاوە تاڵەکەی نەفرەتیش دەرخواردی ژنەکە دەدات، ئاوەکەی نەفرەتیش دەچێتە ناوی و دەبێتە ئازاری تاڵی. ٢٥کاهینەکە پێشکەشکراوی دانەوێڵەی دڵپیسییەکە لە دەستی ژنەکە وەردەگرێت و پێشکەشکراوەکە لەبەردەم یەزدان بەرز دەکاتەوە، ئینجا دەیباتە لای قوربانگاکە. ٢٦کاهینەکە چنگێك بۆ یادەوەری لە دانەوێڵە پێشکەشکراوەکە دەبات و لەسەر قوربانگاکە دەیسووتێنێت، لەدوای ئەوە ئاوەکە دەرخواردی ژنەکە دەدات. ٢٧ئەگەر ژنەکە گڵاو بووبێت و ناپاکی لە پیاوەکەی کردبێت، کاتێك ئاوەکەی دەرخوارد دا، ئەوا ئاوە نەفرەتەکە دەبێتە ئازاری تاڵی، دەچێتە ناوی، سکی دەئاوسێت و ڕانی دەکەوێت، ژنەکە لەنێو گەلەکەی دەبێتە نەفرەت. ٢٨ئەگەر ژنەکەش گڵاو نەبوو بەڵکو پاك بوو، ئەوا بێتاوان دەبێت و سکی پڕ دەبێت.

٢٩«”ئەمە فێرکردنەکەیە سەبارەت بە دڵپیسی، ئەگەر ژنێك بە دزی پیاوەکەی لەڕێ لایدا و گڵاو بوو، لە کاتێکدا ژنی پیاوەکەیەتی، ٣٠یان ئەگەر پیاوێك ڕۆحی دڵپیسی دایگرت، جا دڵی لە ژنەکەی پیس کرد، ژنەکە لەبەردەم یەزدان ڕادەگیرێت و کاهینەکە هەموو ئەم فێرکردنەی بۆ دەکات. ٣١جا پیاوەکە لە هەر هەڵەیەك بێتاوان دەبێت، بەڵام ئەو ژنە تاوانی گوناهی لە ئەستۆی خۆی هەڵدەگرێت.”»

## نەزرکردن

٦ یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”ئەگەر پیاوێك

[a] ١٣ داوێنپیسییەکەی: لە عیبری نووسراوە (گڵاو) بەو مەبەستەی داوێنپیسی گڵاوییە، هەروەها لە ئایەتەکانی ١٤ و ١٩.

[b] ١٥ دەیەکی ئێفەیەك: نزیکەی دوو لیتر.

[c] ٢١ ڕانت لاواز دەکات و سکت دەئاوسێنێت: واتە لە سك و زایین دەکەوێت، هەروەها نەزۆك دەبێت.

یان ژنێك سوێندێكی تایبەتی خوارد بەوەی نەزر[a] بکات، خۆی بۆ یەزدان تەرخان بکات. ٣لە شەراب و مەی خۆی دوور دەخاتەوە و سرکەی شەراب و سرکەی مەی ناخواتەوە و خۆشاوی ترێ ناخواتەوە و ترێ و کشمیش ناخوات. ٤هەموو ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی هیچ شتێك لە هەموو ئەوەی لە بەری مێو دروستدەکرێت ناخوات، تەنانەت تۆو و توێکڵیش.

٥«"هەموو ڕۆژانی نەزر و خۆتەرخانکردنەکەی گوێزان بە سەریدا ناهێنرێت، پێویستە هەتا تەواوی ئەو ڕۆژانەی خۆی تەرخان کردووە بۆ یەزدان، پیرۆز بێت و قژی بهێڵێتەوە. ٦هەموو ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی بۆ یەزدان لە لاشەی مردوو نزیك ناکەوێتەوە، ٧بۆ دایك و باوك و برا و خوشکیشی، خۆی بەپێی ڕێوڕەسم گڵاو ناکات لە کاتی مردنیان، چونکە خۆتەرخانکردنی بۆ خودای خۆی بەسەر سەرەوەیە. ٨هەموو ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی بۆ یەزدان پیرۆز دەبێت.

٩«"ئەگەر یەکێکیش کتوپڕ لەلای مرد و قژە تەرخانکراوەکەی گڵاوکرد، ئەوا لە ڕۆژی پاکبوونەوەکەی سەری دەتاشێت، لە ڕۆژی حەوتەم دەیتاشێت. ١٠لە ڕۆژی هەشتەمیش دوو کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر دەهێنێتە لای کاهین بۆ دەروازەی چادری چاوپێکەوتن. ١١کاهینیش یەکێکیان دەکاتە قوربانی گوناه و ئەوەی دیکە قوربانی سووتاندن و کەفارەتی بۆ دەکات لەو گوناهەی بەهۆی ئەو مردووەوە کردوویەتی و لەو ڕۆژەدا سەری تەرخان دەکاتەوە. ١٢کاتێك ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی بۆ یەزدان تەرخان کردەوە، ئەوا بەرخێکی نێری یەك ساڵە وەك قوربانی تاوان دەهێنێت، بەڵام ڕۆژەکانی پێشتری هەژمارد ناکرێت، چونکە خۆتەرخانکردنەکەی گڵاو کردووە.

١٣«"ئەمەش فێرکردنەکەیە دەربارەی ئەوەی خۆی تەرخان دەکات، ئەو ڕۆژەی ڕۆژانی خۆتەرخانکردنەکەی تەواو دەبێت دەهێنرێتە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن. ١٤جا قوربانییەکەی بۆ یەزدان پێشکەش دەکات، بەرخێکی نێری یەك ساڵەی ساغ بۆ قوربانی سووتاندن، بەرخێکی مێیەی یەك ساڵەی ساغ بۆ قوربانی گوناه، بەرانێکی بێ کەموکوڕی بۆ قوربانی هاوبەشی[b]، ١٥سەبەتەیەك نان بەبێ هەویرترش[c]، کولێرە بە باشترین ئارد، زەیت شێلراو و ناسکە نانی[d] بە زەیت چەورکراو، لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان.

١٦«"جا کاهین لەبەردەم یەزدان پێشکەشی دەکات، قوربانی گوناهەکە و قوربانی سووتاندنەکەی دەکات، ١٧کاهینەکە سەبەتە نانە فەتیرەکە و بەرانەکەش دەکاتە قوربانی هاوبەشی بۆ یەزدان، لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەرابی پێشکەشکراو.

١٨«"لەدوای ئەوە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن خۆتەرخانکەرەکە سەرە تەرخانکراوەکەی دەتاشێت و مووی سەرە تەرخانکراوەکەی دەبات و دەیکاتە سەر ئەو ئاگرەی لەژێر قوربانییەکەی هاوبەشییە.

١٩«"پاش ئەوەی خۆتەرخانکەرەکە قژی خۆتەرخانکردنەکەی دەتاشێت، کاهینەکە شانی بەرانەکە بە کوڵاوی و کولێرەیەکی فەتیرە لە سەبەتەکە لەگەڵ ناسکە نانێکی فەتیرە دەبات و

[a] ٢ نەزر: (ئاد)یشی پێ دەگوترێت، داوا لە خودا دەکەیت بۆ ئەنجامدانی کارێك، کارەکە پابەند دەکەیت بە مەرجێکەوە. داوا دەکەیت ئەگەر خودا ئەو کارەم بۆ ئەنجام بدات، ئەوا دەرئەنجام منیش ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدەم. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

[b] ١٤ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

[c] ١٥ هەویرترش: لە جیاتی خومرە بۆ هەوێن بەکارهاتووە.

[d] ١٥ ناسکە نان: ناوەشکێنە.

دەیانخاتە ناو دەستی خۆتەرخانکەرەکە. [٢٠]کاهینیش لەبەردەم یەزدان وەك قوربانی بەرزکردنەوە بەرزیان دەکاتەوە، ئەو بەشە بۆ کاهین پیرۆزکراوە لەگەڵ سنگی بەرزکراوە و ڕانەکەی کە پێشکەشکراوە، ئینجا ئەوەی خۆی تەرخان کردووە شەراب دەخواتەوە.

[٢١]«"ئەمە فێرکردنەکەیە دەربارەی خۆتەرخانکەر کە نەزر دەکات، قوربانییەکەی[a] بۆ یەزدانە سەرباری خۆتەرخانکردنەکەی، بەگوێرەی ئەو نەزرەی کە کردی، ئاوا دەکات بەگوێرەی فێرکردنی خۆتەرخانکردنەکەی."»

## شێوەی داواکردنی بەرەکەت لەلایەن کاهینەوە

[٢٢]یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٣]«لەگەڵ هارون و کوڕەکانی بدوێ و بڵێ: "بەم شێوەیە داوای بەرەکەت دەکەن بۆ نەوەی ئیسرائیل. پێیان دەڵێن:

[٢٤]«"با یەزدان بەرەکەتدارت بکات و
بتپارێزێت.
[٢٥]با ڕووی یەزدان بەسەرتدا بدرەوشێتەوە و
لەگەڵت میهرەبان بێت.
[٢٦]با یەزدان ئاوڕت لێ بداتەوە و
ئاشتیت پێ ببەخشێت.'"

[٢٧]«جا ناوم لەسەر نەوەی ئیسرائیل دادەنێن و منیش بەرەکەتداریان دەکەم.»

## پێشکەشکراوەکان لە کاتی تەرخانکردنی چادرەکەی پەرستن

٧ ئەو ڕۆژەی کە موسا لە دانانی چادرەکەی پەرستن تەواو بوو، دەستنیشانی کرد و تەرخانی کرد لەگەڵ هەموو کەلوپەلەکانی، هەروەها قوربانگاکەش و هەموو قاپوقاچاغەکانی دەستنیشان کرد و تەرخانی کرد. [٢]ئینجا سەرۆکەکانی ئیسرائیل، گەورەی بنەماڵەکانیان کە سەرۆکی هۆزەکان بوون، بەرپرسیار بوون لەسەر تۆمارکراوەکان، پێشکەشکراوەکانیان بەخشی. [٣]دیارییەکانیان هێنایە بەردەم یەزدان، شەش عەرەبانەی داپۆشراو و دوازدە گای خەساو[b]، هەر عەرەبانەیەك بۆ دوو سەرۆك و بۆ هەر یەکێکیان گایەکی خەساو، کە هێنایان بۆ بەردەم چادرەکەی پەرستن.

[٤]جا یەزدان بە موسای فەرموو: [٥]«لێیان وەربگرە بۆ کاری خزمەتی چادری چاوپێکەوتن دەبن و بیدە بە لێڤییەکان، بۆ هەر یەکێك بەگوێرەی خزمەتەکەی.»

[٦]موساش عەرەبانەکان و گایە خەساوەکانی وەرگرت و بە لێڤییەکانی دا. [٧]دووان لە عەرەبانەکان و چوار گای خەساوی بە نەوەی گێرشۆن دا بەگوێرەی خزمەتیان، [٨]چوار لە عەرەبانەکان و هەشت گای خەساوی بە نەوەی مەراری دا بەگوێرەی خزمەتیان لەژێر سەرپەرشتی ئیتاماری کوڕی هارونی کاهین. [٩]بەڵام موسا هیچی نەدا بە نەوەی قەهات، چونکە خزمەتی شتە پیرۆزکراوەکان لە ئەستۆی ئەوان بوو، لەسەر شانەکانیان هەڵیاندەگرت.

[١٠]سەرۆکەکانیش بۆ تەرخانکردنی قوربانگاکە لە ڕۆژانی دەستنیشانکردنی دیارییان دەهێنا و لەبەردەم قوربانگاکە پێشکەشیان دەکرد. [١١]یەزدانیش بە موسای فەرمووبوو: «هەموو ڕۆژێك یەکێك لە سەرۆکەکان پێشکەشکراوەکەی دەهێنێت بۆ تەرخانکردنی قوربانگاکە.»

[١٢]ئەوەی ڕۆژی یەکەم پێشکەشکراوەکەی هێنا نەحشۆنی کوڕی عەمیناداب بوو لە هۆزی یەهودا.

[١٣]پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل[c] بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل[d] بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی

[a] ٢١ سەرباری ئەو قوربانییانەی کە دانراوە بکرێت کەسەکە قوربانییەکی خۆویستانە دەکات، بەهاکەی بەگوێرەی توانای کەسەکە دەبێت.

[b] ٣ گای خەساو توانای زاوزێکردنی نییە، هەروەها تایبەت دانراوە بۆ کارکردن.

[c] ١٣ نزیکەی ١,٥ کیلۆگرام.

[d] ١٣ نزیکەی ٠,٨ کیلۆگرام.

دانەوێڵە؛ ١٤قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ١٥یەک جوانەگا[a] و بەرانێک و بەرخێکی نێری یەک ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ١٦گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناە؛ ١٧بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە[b] و پێنج بەرخی نێری یەک ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی نەحشۆنی کوڕی عەمینادابە.

١٨لە ڕۆژی دووەمدا نەتەنێلی کوڕی چوعەر سەرۆکی یەساخار پێشکەشکراوەکەی هێنا.

١٩پێشکەشکراوەکەی کە هێنابووی لەگەنێک بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێک لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەک پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٢٠قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٢١یەک جوانەگا و بەرانێک و بەرخێکی نێری یەک ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٢٢گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناە؛ ٢٣بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەک ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی نەتەنێلی کوڕی چوعەرە.

٢٤لە ڕۆژی سێیەمدا سەرۆکی نەوەی زەبولون، ئەلیابی کوڕی حێلۆن، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٢٥پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێک بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێک لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەک پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٢٦قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٢٧یەک جوانەگا و بەرانێک و بەرخێکی نێری یەک ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٢٨گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناە؛ ٢٩بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەک ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەلیابی کوڕی حێلۆنە.

٣٠لە ڕۆژی چوارەمدا سەرۆکی نەوەی ڕەئوبێن، ئەلیسوری کوڕی شەدیئور، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٣١پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێک بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێک لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەک پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٣٢قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٣٣یەک جوانەگا و بەرانێک و بەرخێکی نێری یەک ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٣٤گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناە؛ ٣٥بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەک ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەلیسوری کوڕی شەدیئورە.

٣٦لە ڕۆژی پێنجەمدا سەرۆکی نەوەی شیمۆن، شەلومیێلی کوڕی چووریشەدای، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٣٧پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێک بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێک لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەک پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٣٨قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٣٩یەک جوانەگا و بەرانێک و بەرخێکی نێری یەک ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٤٠گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناە؛ ٤١بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەک

[a] ١٥ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).
[b] ١٧ نێری، سابرێن.

ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی شەلومیێلی کوڕی چووریشەدایە.

٤٢له ڕۆژی شەشەمدا سەرۆکی نەوەی گاد، ئەلیاسافی کوڕی دەعوئێل، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٤٣پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٤٤قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٤٥یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٤٦گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٤٧بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەلیاسافی کوڕی دەعوئێلە.

٤٨له ڕۆژی حەوتەم سەرۆکی نەوەی ئەفرایم، ئەلیشاماعی کوڕی عەمیهود، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٤٩پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٥٠قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٥١یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٥٢گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٥٣بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەلیشاماع کوڕی عەمیهودە.

٥٤له ڕۆژی هەشتەمدا سەرۆکی نەوەی مەنەشە، گەمالائیلی کوڕی پەداهچوور، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٥٥پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٥٦قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٥٧یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٥٨گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٥٩بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی گەمالائیلی کوڕی پەداهچوورە.

٦٠له ڕۆژی نۆیەم سەرۆکی نەوەی بنیامین، ئەبیدانی کوڕی گدعۆنی، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٦١پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛ ٦٢قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە بخوور؛ ٦٣یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛ ٦٤گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٦٥بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەبیدانی کوڕی گدعۆنییە.

٦٦له ڕۆژی دەیەمدا سەرۆکی نەوەی دان، ئەحیعەزەری کوڕی عەمیشەدای، پێشکەشکراوەکەی هێنا.

٦٧پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی

پیرۆزگا، هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین
ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی
دانەوێڵە؛ ٦٨قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل
و پڕ لە بخوور؛ ٦٩یەك جوانەگا و بەرانێك
و بەرخێکی نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی
سووتاندن؛ ٧٠گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی
گوناه؛ ٧١بۆ قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج
بەران و پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك
ساڵە. ئەمە پێشکەشکراوی ئەحیعەزەری کوڕی
عەمیشەدایە.

٧٢لە ڕۆژی یازدەیەم سەرۆکی نەوەی ئاشێر،
پەگعیێلی کوڕی عۆخران، پێشکەشکراوەکەی هێنا.
٧٣پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە
کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو
کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا،
هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە
زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛
٧٤قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە
بخوور؛ ٧٥یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی
نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛
٧٦ گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٧٧بۆ
قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و
پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە.
ئەمە پێشکەشکراوی پەگعیێلی کوڕی عۆخرانە.

٧٨لە ڕۆژی دوازدەیەمدا سەرۆکی نەوەی نەفتالی،
ئەحیرەعی کوڕی عێینان، پێشکەشکراوەکەی هێنا.
٧٩پێشکەشکراوەکەشی لەگەنێك بوو لە زیو کە
کێشەکەی سەد و سی شاقل بوو، تاسێك لە زیو
کێشەکەی حەفتا شاقل بوو بە شاقلی پیرۆزگا،
هەردووکیان پڕ بوون لە باشترین ئاردی بە
زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوی دانەوێڵە؛
٨٠قاپێکی زێڕ کێشەکەی دە شاقل و پڕ لە
بخوور؛ ٨١یەك جوانەگا و بەرانێك و بەرخێکی
نێری یەك ساڵە بۆ قوربانی سووتاندن؛
٨٢ گیسکێکی نێرینە بۆ قوربانی گوناه؛ ٨٣بۆ
قوربانی هاوبەشیش دوو گا و پێنج بەران و
پێنج تەگە و پێنج بەرخی نێری یەك ساڵە.
ئەمە پێشکەشکراوی ئەحیرەعی کوڕی عێینانە.

٨٤ئەمە پێشکەشکراوی سەرۆکەکانی ئیسرائیل
بوو، بۆ تەرخانکردنی قوربانگاکە لە کاتی
دەستنیشانکردنی: دوازدە لەگەنی زیو و دوازدە تاسی
زیو و دوازدە قاپی زێڕ. ٨٥هەر لەگەنێك سەد و سی
شاقل زیو و هەر تاسێك حەفتا شاقل بوو، هەموو
زیوی قاپوقاچاغەکان دوو هەزار و چوار سەد[a] بوون
بە شاقلی پیرۆزگا. ٨٦قاپە زێڕەکانیش دوازدەی پڕ لە
بخوور، هەر قاپێك دە بە شاقلی پیرۆزگا، هەموو
زێڕی قاپەکان سەد و بیست شاقل بوو. ٨٧هەموو
گایەکانی قوربانی سووتاندن دوازدە جوانەگا بوو،
بەرانەکانیش دوازدە و بەرخە نێرە یەك ساڵەکانیش
دوازدە لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان، گیسکە
نێرەکانیش دوازدە بوون بۆ قوربانی گوناه، ٨٨هەموو
گایەکانی قوربانی هاوبەشیش بیست و چوار گا
بوون، بەرانەکانیش شەست و تەگەکانیش شەست
و بەرخە نێرە یەك ساڵەکانیش شەست. ئەمە
پێشکەشکراوەکان بوو بۆ تەرخانکردنی قوربانگاکە
لەدوای دەستنیشانکردنی.
٨٩جا کاتێك موسا چووە ناو چادری چاوپێکەوتنەوە
هەتا قسە لەگەڵ یەزدان بکات، گوێی لە دەنگەکە
دەبوو کە لەگەڵی دەدوا لە قەپاغی کەفارەتەوە[b]
کە لەسەر سندوقی شایەتی بوو، لەنێوان دوو
کەڕوبەکەوە[c]، بەم شێوەیە خودا قسەی لەگەڵ کرد.

---

[a] ٨٥ دوو هەزار و چوار سەد شاقل: نزیکەی ٢٨ کیلۆگرام.

[b] ٨٩ قەپاغێکە بۆ داپۆشینی سندوقی پەیمان، لە ڕۆژی کەفارەت خوێنی قوربانی لەسەر ڕژاوە بۆ لێخۆشبوونی گوناه. بڕوانە دەرچوون ١٧:٢٥.

[c] ٨٩ دوو کەڕوب: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدار لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن لە هەردوو لای کەناری بەشی کۆتایی سندوقی پەیمان دانرابوون، بڕوانە دەرچوون ١٨:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.

## بەرزکردنەوەی چراکان

٨ یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«لەگەڵ هارون بدوێ و پێی بڵێ: ”کاتێك چراکانت بەرزکردەوە، با ڕووناکی حەوت چراکە بۆ پێش چرادانەکە بێت.“»

٣هارون چراکانی وا بەرزکردەوە هەتا ڕووناکی بە پێشی چرادانەکە بدات وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد. ٤ئەمەش دروستکردنی چرادانەکەیە، لە زێڕی کوتراو، لە قەدەکەیەوە هەتا خونچەکانی کوتران، چرادانەکەی بەگوێرەی ئەو شێوەیە دروستکرد کە یەزدان پیشانی موسای دا.

## جیاکردنەوەی لێڤییەکان

٥یەزدان قسەی بۆ موسا کرد و فەرمووی: ٦«لێڤییەکان لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا ببە و بەپێی ڕێوڕەسم[a] پاکیان بکەرەوە. ٧ئاواش دەکەیت بۆ پاککردنەوەیان: ئاوی پاککردنەوەیان بەسەردا بپرژێنە، با هەموو لەشیان بتاشن و جلەکانیان بشۆن. بەم شێوەیە خۆیان پاك بکەنەوە. ٨ئینجا جوانەگایەك لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی کە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراوە ببەن و جوانەگایەکی دیکەش بۆ قوربانی گوناه ببە. ٩جا لێڤییەکان دەبەیتە پێش چادری چاوپێکەوتن و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل کۆدەکەیتەوە، ١٠لێڤییەکان دەبەیتە بەردەم یەزدان و نەوەی ئیسرائیل دەستیان دەخەنە سەر. ١١جا هارون لێڤییەکان لەبەردەم یەزدان پێشکەش دەکات وەك قوربانی بەرزکردنەوە لەلایەن نەوەی ئیسرائیلەوە بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ پەرستنی یەزدان.

١٢«ئینجا لێڤییەکان دەستیان دەخەنە سەر دوو جوانەگاکە، یەکێکیان وەك قوربانی گوناه پێشکەش دەکرێت و ئەوەی دیکە قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان، بۆ کەفارەتکردن بۆ لێڤییەکان. ١٣جا لێڤییەکان لەبەردەم هارون و کوڕەکانی ڕادەگریت و وەك قوربانی بەرزکردنەوە بۆ یەزدان پێشکەشیان دەکەیت. ١٤بەم شێوەیە لێڤییەکان لەنێو نەوەی ئیسرائیل جیا دەکەیتەوە، لێڤییەکان بۆ من دەبن.

١٥«لەدوای ئەوە لێڤییەکان دێن بۆ ئەوەی خزمەتی چادری چاوپێکەوتن بکەن، کاتێك پاکیان دەکەیتەوە و وەك قوربانی بەرزکردنەوە پێشکەشیان دەکەیت، ١٦چونکە ئەوان لەنێو نەوەی ئیسرائیلەوە بە تەواوی بە من دراون، لە جیاتی هەموو نۆبەرەیەکی نێری سك لە نەوەی ئیسرائیلدا من بۆ خۆمم داناون. ١٧هەموو نۆبەرەیەکی نێر، خەڵك یان ئاژەڵ لە نەوەی ئیسرائیلدا بۆ منە. ئەو ڕۆژەی لە هەموو نۆبەرەیەکم دا[b] لە خاکی میسر، بۆ خۆمم تەرخان کردن. ١٨ئینجا لێڤییەکانم بۆ خۆم دانا لە جیاتی هەموو نۆبەرەیەك لە نەوەی ئیسرائیل. ١٩لێڤییەکانم بە تەواوی بە هارون و کوڕەکانی بەخشیوە لەنێو نەوەی ئیسرائیل، هەتا لە چادری چاوپێکەوتندا لە جیاتی نەوەی ئیسرائیل خزمەت بکەن، هەروەها بۆ کەفارەتکردن بۆ نەوەی ئیسرائیل تاکو نەوەی ئیسرائیل تووشی هیچ دەردێك نەبێت لە کاتی نزیککەوتنەوەیان لە پیرۆزگا.»

٢٠موسا و هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل ئاوایان بۆ لێڤییەکان کرد، بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا کرد سەبارەت بە لێڤییەکان. ٢١جا لێڤییەکان خۆیان پاککردەوە و جلەکانیان شوشت، هارون لەبەردەم یەزدان وەك قوربانی بەرزکردنەوە پێشکەشی کردن، هارون کەفارەتی بۆ کردن بۆ پاکبوونەوەیان. ٢٢لەدوای ئەوە لێڤییەکان هاتن هەتا لە چادری چاوپێکەوتندا لەبەردەم هارون و لەبەردەم کوڕەکانی خزمەتەکەیان بکەن، وەك چۆن یەزدان فەرمانی بە موسا کرد سەبارەت بە لێڤییەکان، ئاوایان لەگەڵدا کردن.

٢٣یەزدان بە موسای فەرموو: ٢٤«ئەمە بۆ لێڤییەکانە، لە گەنجی بیست و پێنج ساڵ بەرەو سەرەوە دێنە ناو خزمەتەوە بۆ خزمەتی چادری چاوپێکەوتن. ٢٥لە تەمەنی پەنجا ساڵەشەوە دەست لە خزمەت هەڵدەگرن و ئیتر خزمەت ناکەن.

[a] ٦ ڕێوڕەسمی ئایینی.

[b] ١٧ لە هەموو نۆبەرەیەکم دا: بڕوانە دەرچوون ١٢:٢٩.

[٢٦]یارمەتی براکانیان دەدەن لە چادری چاوپێکەوتن
لە پارێزگاری، بەڵام هیچ خزمەتێك ناکەن. ئاوا بۆ
لێڤییەکان دەکەیت لە پارێزگارییەکانیان.»

### جەژنی پەسخە

٩ لە ساڵی دووەمی هاتنەدەرەوەیان لە خاکی
میسر لە مانگی یەك لە چۆڵەوانی سینا یەزدان
بە موسای فەرموو: [٢]«با نەوەی ئیسرائیل جەژنی
پەسخە لە کاتی خۆیدا بکەن، [٣]لە ڕۆژی چواردەی
ئەم مانگە لە زەردەپەڕدا[a]، لە کاتی خۆیدا دەیکەن،
بەگوێرەی هەموو فەرز و ڕاسپاردەکان.»
[٤]موساش لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دوا بۆ ئەوەی
جەژنی پەسخە بکەن، [٥]جا لە چواردەی مانگی یەك
لە زەردەپەڕدا لە چۆڵەوانی سینا جەژنی پەسخەیان
کرد، بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی بە
موسا کرد، نەوەی ئیسرائیل ئاوایان کرد.
[٦]بەڵام هەندێك کەس بەهۆی مردوویەکەوە بەپێی
ڕێوڕەسم گڵاو ببوون و دروست نەبوو بۆیان لەو
ڕۆژەدا جەژنی پەسخە بکەن، جا لەو ڕۆژەدا هاتنە
بەردەم موسا و هارون. [٧]ئەو خەڵکە پێیان گوت:
«ئێمە بەهۆی کەسێکی مردووەوە گڵاوین، بۆچی لە
کاتی خۆیدا لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا وەلابنرێین و
قوربانی بۆ یەزدان پێشکەش نەکەین؟»
[٨]موساش وەڵامی دانەوە: «بوەستن با گوێم لێ
بێت یەزدان سەبارەت بە ئێوە چی فەرمان دەکات.»
[٩]جا یەزدان بە موسای فەرموو: [١٠]«لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”هەرکەسێك لە ئێوە
یان لە نەوەکانتان، ئەگەر بە مردوویێك گڵاو ببوو
یان لە گەشتێکی دوور بوو، با جەژنی پەسخە بۆ
یەزدان بکات. [١١]لە ڕۆژی چواردەی مانگی دوو لە
زەردەپەڕدا دەیکەن، بەرخەکە بە نانی فەتیرە و بە
گیای تاڵەوە دەخۆن. [١٢]هیچی بۆ بەیانی ناهێڵنەوە و
هیچ ئێسقانێکی لێ ناشکێنرێت. بەگوێرەی هەموو
فەرزەکانی جەژنی پەسخە دەیکەن. [١٣]بەڵام ئەگەر
یەکێك پاك بوو و لە گەشت نەبوو، جەژنی پەسخەی
نەکرد، ئەو گیانە لە گەلەکەی دەبڕدرێتەوە، چونکە
لە کاتی خۆیدا قوربانی یەزدانی پێشکەش نەکردووە،
ئەو کەسە ئۆباڵی گوناهەکەی خۆی هەڵدەگرێت.
[١٤]«”ئەگەر نامۆیەك لەنێو ئێوەدا بژیێت و ویستی
جەژنی پەسخە بۆ یەزدان بگێڕێت، بەگوێرەی فەرزی
پەسخە و یاساکانی ئاوا دەکات، یەك فەرز دەبێت
بۆتان، بۆ نامۆ و بۆ هاوڵاتی خاکەکە.“»

### هەور لەسەر چادری پەرستن

[١٥]لە ڕۆژی دامەزراندنی چادرەکەی پەرستن کە
بە چادری پەیمان ناسراوە، هەورێك چادرەکەی
پەرستنی داپۆشی. هەر لە ئێوارەوە هەتا بەیانی
هەورەکە لەسەر چادرەکەی پەرستن وەك دیمەنی
ئاگر بوو. [١٦]بە بەردەوامی ئاوا بوو، هەور دایدەپۆشی
و بە شەویش هەورەکە دیمەنی ئاگری هەبوو. [١٧]هەر
کاتێکیش هەورەکە لەسەر چادرەکە بەرز دەبووەوە،
ئەوا نەوەی ئیسرائیل لەدوای ئەوە بەڕێ دەکەوتن.
لەو شوێنەی هەورەکە بنیشتبایەوە ئەوا نەوەی
ئیسرائیل لەوێ چادریان هەڵدەدا. [١٨]بە فەرمانی
یەزدان نەوەی ئیسرائیل بەڕێ دەکەوتن و بە
فەرمانی یەزدان چادریان هەڵدەدا، هەموو ڕۆژانی
نیشتنی هەورەکە بەسەر چادرەکەی پەرستندا
ئەوان لە چادرەکانی خۆیان دەمانەوە. [١٩]هەر کاتێك
هەورەکە چەند ڕۆژێکی زۆر لەسەر چادرەکەی
پەرستن دەمایەوە، ئەوا نەوەی ئیسرائیل گوێڕایەڵی
یەزدان دەبوون و بەڕێ نەدەکەوتن. [٢٠]هەر کاتێك
هەورەکە چەند ڕۆژێکی کەم لەسەر چادری
پەرستن دەمایەوە، ئەوا بەگوێرەی فەرمانی یەزدان
چادریان هەڵدەدا و بەگوێرەی فەرمانی یەزدان بەڕێ
دەکەوتن. [٢١]هەندێك جار هەورەکە لە ئێوارەوە هەتا
بەیانی دەمایەوە و لە بەیانیدا بەرز دەبووەوە، ئەو
کاتە بەڕێ دەکەوتن. یان شەو و ڕۆژێك بمابایەوە
و بەرز بووایەوە، ئەوا بەڕێ دەکەوتن. [٢٢]بەم
جۆرە هەورەکە دوو ڕۆژ یان مانگێك یان ساڵێك،
هەرچەندێك لەسەر چادرەکەی پەرستن بمابووایەوە
و بنیشتبایەوە، ئەوا نەوەی ئیسرائیل لە چادرەکانیان

[a] ٣ کاتی ڕۆژئاوابوون و تاریك داهاتن.

دەمانەوە و بەڕێ نەدەکەوتن، هەر کاتێکیش بەرز
بووایەوە ئەوا بەڕێ دەکەوتن. [٢٣]بە فەرمانی یەزدان
چادریان هەڵدەدا و بە فەرمانی یەزدان بەڕێ
دەکەوتن و ئەرکی یەزدانیان دەپاراست، بەگوێرەی
فەرمانی یەزدان لەسەر دەستی موسا.

## کەڕەنا زیوەکان

١٠ یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«دوو کەڕەنا
لە زیوی کوتراو بۆ خۆت دروستبکە، بۆ
بانگکردنی کۆمەڵ و بۆ بەڕێکەوتنی ئۆردوگاکان.
[٣]ئەگەر هەردووکیان لێدران ئەوا هەموو کۆمەڵ بۆ
لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن لەلات کۆدەبنەوە،
[٤]ئەگەر تەنها یەکێکیان لێدرا ئەوا سەرکردەکان
لەلات کۆدەبنەوە، کە سەرۆك خێڵەکانی ئیسرائیلن.
[٥]ئەگەر وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێتاندا ئەوا ئەو
ئۆردوگایانەی لەلای ڕۆژهەڵات چادریان هەڵداوە
بەڕێ دەکەون، [٦]ئەگەر دووبارە وەك نیشانەی
ئاگادارکردنەوە لێتاندا ئەوا ئەو ئۆردوگایانەی
لەلای باشوور چادریان هەڵداوە بەڕێ دەکەون، بۆ
بەڕێکەوتنەکانیان وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە
لێدەدەن. [٧]کاتێك کۆمەڵ کۆدەکەنەوە ئەوا کەڕەنا
لێدەدەن، بەڵام وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە ناکەن.
[٨]«کوڕانی هارونی کاهین کەڕەناکان لێدەدەن،
جا بۆتان دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆ
نەوەکانتان. [٩]ئەگەر لە خاکی خۆتان بۆ جەنگ
چوونە سەر دوژمنێك کە ستەمتان لێدەکات، ئەوا
کەڕەناکان وەك نیشانەی ئاگادارکردنەوە لێدەدەن
و لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان یاد دەکرێنەوە
و لە دوژمنەکانتان ڕزگارتان دەبێت. [١٠]هەروەها
لە ڕۆژی خۆشیتان و لە جەژن و لە دەستپێکی
مانگی نوێتان[a] کەڕەناکان لێدەدەن، لەسەر قوربانی
سووتاندنەکانتان و قوربانییەکانی هاوبەشیتان، جا
دەبێتە یادەوەریتان لەبەردەم خودایەکەتان. من
یەزدانی پەروەردگارتانم.»

## ئیسرائیلییەکان لە سیناوە بەڕێ دەکەون

[١١]لە بیستی مانگی دووی ساڵی دووەمدا هەورەکە
لەسەر چادری پەیمان بەرزبووەوە. [١٢]جا نەوەی
ئیسرائیل لە قۆناغەکەیان لە چۆڵەوانی سیناوە
بەڕێکەوتن و هەورەکە لە چۆڵەوانی پاران نیشتەوە.
[١٣]بەپێی فەرمانی یەزدان و لە ڕێگەی موساوە بۆ
یەکەمین جار دەستیان بە کۆچەکەیان کرد.
[١٤]لەژێر بەیداخەکەیان ئۆردوگای نەوەی یەهودا
بەگوێرەی لەشکرەکانیان یەکەم جار بەڕێکەوتن
و نەحشۆنی کوڕی عەمیناداب سوپاسالاریان بوو.
[١٥]سەرلەشکری هۆزی نەوەی یەساخاریش نەتەنێلی
کوڕی چوعەر بوو، [١٦]سەرلەشکری هۆزی نەوەی
زەبولونیش ئەلیابی کوڕی حێلۆن بوو. [١٧]ئینجا
چادرەکەی پەرستن هەڵگیرایەوە و نەوەی گێرشۆن
و نەوەی مەراری چادرەکەی پەرستنیان هەڵگرت و
بەڕێکەوتن.
[١٨]لەدوای ئەوان لەژێر بەیداخەکەیان ئۆردوگای
ڕەئوبێن بەگوێرەی لەشکرەکانیان بەڕێکەوتن،
ئەلیسوری کوڕی شەدیئور سوپاسالاریان بوو.
[١٩]سەرلەشکری هۆزی نەوەی شیمۆنیش شەلومیێلی
کوڕی چووریشەدای بوو، [٢٠]سەرلەشکری هۆزی
نەوەی گادیش ئەلیاسافی کوڕی دەعوئێل بوو.
[٢١]ئینجا قەهاتییەکان شتە پیرۆزکراوەکانیان هەڵگرت
و بەڕێکەوتن، هەتا گەیشتن چادرەکەی پەرستن
هەڵدرابوو.
[٢٢]ئینجا لەژێر بەیداخەکەیان نەوەی ئەفرایم
بەگوێرەی لەشکرەکانیان بەڕێکەوتن و ئەلیشاماعی
کوڕی عەمیهود سوپاسالاریان بوو، [٢٣]سەرلەشکری
هۆزی نەوەی مەنەشەش گەمالائیلی کوڕی
پەداهچوور بوو، [٢٤]سەرلەشکری هۆزی نەوەی
بنیامینیش ئەبیدانی کوڕی گدعۆنی بوو.
[٢٥]لە کۆتاییدا لەژێر بەیداخەکەیان ئۆردوگای
نەوەی دان بەڕێکەوت و پاشڕەو و پاسەوانی

---

[a] ١٠ هەموو مانگێك لە کاتی دەرکەوتنی مانگ گەلی خودا بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئاهەنگیان گێڕاوە و ئەو ڕۆژە کەس بۆی نەبووە کار بکات. بڕوانە پەڕتووکی سەرژمێری ٢٨:١١-١٥ و ئامۆس ٨:٥.

هەموو ئۆردوگاکان بوو، بەگوێرەی لەشکرەکانیان، ئەحیعەزەری کوڕی عەمیشەدای سوپاسالاریان بوو. ٢٦سەرلەشکری هۆزی نەوەی ئاشێریش پەگعیێلی کوڕی عۆخران بوو. ٢٧سەرلەشکری هۆزی نەوەی نەفتالیش ئەحیرەعی کوڕی عێینان بوو. ٢٨ئەمە ڕێکخستنی نەوەی ئیسرائیلە بە لەشکرەکانیانەوە کاتێک بەڕێکەوتن.

٢٩موسا بە حۆڤاڤی کوڕی ڕەعوئێلی میدیانی گوت، کە ڕەعوئێل خەزووری موسا بوو: «ئێمە دەچین بۆ ئەو شوێنەی یەزدان فەرمووی: ”پێتانی دەدەم.“ لەگەڵمان وەرە و بۆت باش دەبین، چونکە یەزدان بەڵێنی داوە بۆ ئیسرائیل چاك دەبێت.»

٣٠ئەویش پێی گوت: «ناڕۆم، بەڵکو بۆ لای خاکی خۆم و گەلی خۆم دەچم.»

٣١جا موسا گوتی: «تکایە بەجێمان مەهێڵە، لەبەر ئەوەی شارەزایت لە چۆڵەوانی لەکوێ چادر هەڵبدەین، ببە بە چاو بۆمان. ٣٢ئەگەر لەگەڵمان بێیت، ئەوا بەو چاکەیەی یەزدان لەگەڵ ئێمەی دەکات، ئێمەش چاکەت لەگەڵدا دەکەین.»

٣٣جا لە کێوی یەزدانەوە بۆ سێ ڕۆژە ڕێ بەڕێکەوتن و سندوقی پەیمانی یەزدانیش سێ ڕۆژە ڕێ پێشیان کەوتبوو، هەتا بۆ پشوودان نشینگەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. ٣٤هەوری یەزدانیش بە ڕۆژ بەسەریانەوە بوو، کاتێك لە ئۆردوگاوە بەڕێکەوتن.

٣٥لە کاتی بەڕێکەوتنی سندوقەکەش موسا دەیگوت:

«هەستە یەزدان!
با دوژمنانت پەرتەوازە بن و
ناحەزانت لەبەردەمت هەڵبێن.»

٣٦لە کاتی چادرهەڵدانیش دەیگوت:

«بگەڕێوە یەزدان،
بۆ لای هەزاران هەزارانی ئیسرائیل.»

## ئاگر لە یەزدانەوە

١١ گەل دەربارەی ناخۆشییان بۆڵەبۆڵیان کرد، گەیشتە لای یەزدان. یەزدان کە ئەمەی بیست پێی خراپ بوو، تووڕەیی جۆشا، ئیتر ئاگری یەزدان تێیاندا گڕی گرت و قەراغی ئۆردوگاکەی سووتاند. ٢لەبەر ئەوە گەل هاواریان بۆ موسا کرد، موساش لە یەزدان پاڕایەوە و ئاگرەکە کوژایەوە. ٣ئەو شوێنەش ناونرا تەبعیرە، چونکە ئاگری یەزدان تێیاندا گڕی گرت.

## سوێسکە لە یەزدانەوە

٤ئەو ئاژاوەگێڕانەی لەنێویان دەژیان ئارەزووی گۆشتیان دەکرد، جا نەوەی ئیسرائیلیش گەڕانەوە و گریان و گوتیان: «کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات. ٥ئەو ماسیەی لە میسر بەخۆڕایی دەمانخوارد بەبیرمان هاتەوە، لەگەڵ خەیار و شووتی و کەوەر و پیاز و سیر. ٦ئێستاش وا گیانمان وشك بووە، هیچ شتێك نییە و هەر چاومان لەسەر ئەو مەنەیە!»

٧مەنیش وەك تۆوی گژنیژ وابوو، دیمەنی وەك دیمەنی سرێشی دار درەوشاوە بوو. ٨گەلیش دەسووڕانەوە هەتا هەڵیبگرنەوە، ئینجا بە دەستاڕ دەیانهاڕی یان لە هاون دەیانکوتایەوە و لە مەنجەڵ لێیان دەنا و دەیانکردە کولێرە، تامەکەشی وەك تامی کولێرە برژاوی بە زەیت بوو. ٩هەر کاتێك بە شەو شەونم بەسەر ئۆردوگاکەدا دەهاتە خوارەوە، ئەوا مەنیش لەگەڵیدا دەهاتە خوارەوە.

١٠کاتێك موسا گوێی لێبوو هەموو گەل دەگریێن، هەریەکە بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە لەبەر دەروازەی چادرەکەی ڕاوەستاوە، تووڕەیی یەزدان زۆر زیادی کرد، موسا بەمە دڵگران بوو. ١١جا موسا بە یەزدانی گوت: «بۆچی لەگەڵ خزمەتکارەکەت خراپ بوویت؟ بۆچی لەلات پەسەند نەبووم، تەنانەت باری هەموو ئەم گەلەت خستە سەر من؟ ١٢ئایا سکم بەم هەموو خەڵکە پڕ بووە یان لە منەوە لەدایك بوونە؟ بۆچی پێم دەڵێی بە باوەش هەڵیانبگرە، هەروەك چۆن دایەن منداڵی ساوا هەڵدەگرێت، بیانبە ئەو خاکەی

سوێندت بۆ باوانیان خوارد؟ [١٣]گۆشتم لەکوێ بوو هەتا بە هەموو ئەم گەلەی بدەم؟ چونکە بەسەرمەوە دەگرین، دەڵێن: ”گۆشتمان بدەرێ بیخۆین!“ [١٤]من بە تەنها ناتوانم هەموو ئەم گەلە هەڵبگرم، چونکە بۆ من گرانە. [١٥]جا ئەگەر وام پێدەکەیت، بمکوژە ئەگەر لەلات پەسەندم، با تووشی بەڵای خۆم نەبم.»

[١٦]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «لە پیرانی ئیسرائیل حەفتا پیاوم بۆ کۆبکەرەوە، ئەوانەی دەزانیت کە ڕیش سپی و کوێخای گەلن و بیانهێنە لای چادری چاوپێکەوتن و با لەوێ لەگەڵتدا ڕاوەستن. [١٧]جا من دێمە خوارەوە و لەوێ لەگەڵتدا دەدوێم و لەو ڕۆحەی بەسەرتەوەیە دەبەم و دەیخەمە سەریان، جا لەگەڵتدا بارگرانی گەلەکە هەڵدەگرن، ئیتر تۆ بە تەنها هەڵیناگریت.

[١٨]«بە گەلیش دەڵێیت: ”بۆ بەیانی خۆتان تەرخان بکەن ئینجا گۆشت دەخۆن، چونکە یەزدان گوێی لێبوو کە گریان و گوتتان، ’کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات؟ لە میسر حاڵمان خۆشتر بووا!‘ ئێستا یەزدان گۆشتتان دەداتێ و دەیخۆن. [١٩]نە ڕۆژێك، نە دوو ڕۆژ، نە پێنج ڕۆژ، نە دە ڕۆژ و نە بیست ڕۆژ، [٢٠]بەڵکو ماوەی مانگێکی تەواو دەیخۆن، هەتا لە کونی لووتتان دێتە دەرەوە و ڕقتان لێی دەبێتەوە، چونکە یەزدانتان ڕەتکردەوە کە لەنێوتاندایە و لەبەردەمیدا گریان و گوتتان: ’بۆچی ئەمەمان کرد و لە میسر هاتینە دەرەوە؟‘“»

[٢١]بەڵام موسا گوتی: «ئەو گەلەی من لەنێویانم شەش سەد هەزار پیادەیە، تۆش فەرمووت: ”گۆشتیان دەدەمێ لێی بخۆن بۆ ماوەی مانگێك!“ [٢٢]ئایا مەڕ و مانگایان بۆ سەردەبڕدرێت هەتا بەشیان بکات، یان هەموو ماسی دەریایان بۆ کۆدەکرێتەوە هەتا بەشیان بکات؟»

[٢٣]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «ئایا یەزدان بێ دەسەڵاتە؟ ئێستا دەبینیت ئاخۆ قسەکانم دێتە دی یان نا.»

[٢٤]موساش چووە دەرەوە و بە فەرموودەی یەزدان لەگەڵ گەلدا دوا. حەفتا پیاوی لە پیرانی گەل کۆکردەوە، لە دەوروبەری چادرەکە ڕایگرتن. [٢٥]یەزدانیش لە هەوردا هاتە خوارەوە و لەگەڵیدا دوا و لەو ڕۆحە پیرۆزەی کە لەسەری بوو بردی و خستییە سەر حەفتا ڕیش سپییەکە. کاتێك ڕۆحەکە هاتە سەریان ئیتر پەیامی خودایان ڕاگەیاند، بەڵام یەك جار و زیاتر نا.

[٢٦]دوو پیاویش لە ئۆردوگاکە مانەوە، ناوی یەکێکیان ئەلداد و ناوی ئەوەی دیکە میداد بوو، ڕۆحی خودا لەسەریان نیشتەوە، ئەوانیش لە ڕیش سپییەکان بوون، بەڵام نەچووبوونە لای چادرەکە، جا لە ئۆردوگاکە پەیامی خودایان ڕاگەیاند، [٢٧]لاوێکیش ڕایکرد و هەواڵی دایە موسا و گوتی: «ئەلداد و میداد لە ئۆردوگاکە پەیامی خودا ڕادەگەیەنن!»

[٢٨]یەشوعی کوڕی نونیش کە لە گەنجییێتییەوە خزمەتکاری موسا بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: «موسای گەورەم ڕێیان لێ بگرە!»

[٢٩]موساش پێی گوت: «ئایا لە جیاتی من ئیرەیی دەبەیت؟ خۆزگە هەموو گەلی یەزدان پێغەمبەر بوونایە، کە یەزدان ڕۆحی خۆی دەخستە سەریان!» [٣٠]ئینجا موسا و پیرانی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە.

[٣١]بایەکیش لەلایەن یەزدانەوە هەڵیکرد و سوێسکەی[a] لە دەریاوە هێنا بۆ ئۆردوگاکە. بۆ ماوەی ڕۆژە ڕێیەك لەم لا و ڕۆژە ڕێیەك لەو لا لە چواردەوری ئۆردوگاکە و بە بەرزی دوو باڵ[b] لەسەر ڕووی زەوییەوە بڵاوی کردنەوە. [٣٢]گەلیش هەستان و بە درێژایی ئەو ڕۆژە و بە درێژایی شەو و ڕۆژی دواتریش سوێسکەیان کۆکردەوە، کەمترینیان دە حۆمەری[c] کۆکردەوە و بۆ خۆیان بە چواردەوری

[a] ٣١ سوێسکە: باڵندەیەکی بچووکە، لە شێوەی کەودایە، بە پۆلی گەورە کۆچ دەکەن، لە ئاستێکی نزمدا دەفڕن و لەو کاتەدا خەڵکی تۆڕیان بەکاردەهێنا بۆ گرتنیان. بڕوانە دەرچوون ١٣:١٦.

[b] ٣١ دوو باڵ: نزیکەی یەك مەتر.

[c] ٣٢ حۆمەر: باری گوێدرێژ. دە حۆمەر: دەشێت ١،٦ تەنی سوێسکە بێت.

ئۆردوگاکە ڕایانخست. [٣٣]لەو کاتەشدا کە هێشتا گۆشت لەژێر ددانەکانیان بوو پێش ئەوەی بیجوون، تووڕەیی یەزدان بەسەر گەلدا جۆشا و یەزدان گەلی تووشی دەردێکی گران کرد، [٣٤]جا ئەو شوێنە ناونرا قیبرۆت هەتەڤا[a]، چونکە لەوێ ئەو خەڵکانەیان ناشت کە نەوسیان هەستا.

[٣٥]لە قیبرۆت هەتەڤاشەوە گەل بۆ حەچێرۆت بەڕێکەوتن، جا لەوێ چادریان هەڵدا.

## قسەکردنی مریەم و هارون لە دژی موسا

١٢ مریەم و هارون لە دژی موسا قسەیان کرد، لەبەر ئەو ژنە کوشییەی کە خواستی، چونکە ژنێکی کوشی[b] خواستبوو. [٢]جا گوتیان: «ئایا یەزدان تەنها لەگەڵ موسادا دواوە، باشە لەگەڵ ئێمەش قسەی نەکرد؟» یەزدانیش گوێی لێبوو.

[٣]موساش لە هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوی بێفیزتر بوو.

[٤]جا یەزدان دەستبەجێ بە موسا و هارون و مریەمی فەرموو: «ئەو سێیەتان وەرنە دەرەوە بۆ لای چادری چاوپێکەوتن.» ئینجا هەرسێکیان هاتنە دەرەوە. [٥]یەزدانیش لە ستوونی هەوردا دابەزی و لە دەروازەی چادرەکە وەستا، بانگی هارون و مریەمی کرد، هەردووکیان بەرەو پێشەوە چوون. [٦]جا فەرمووی: «باش گوێ لە قسەم بگرن:

«کاتێك پێغەمبەری یەزدان لەنێوتانە،
ئەوا بە بینین خۆمی بۆ ئاشکرا دەکەم،
لە خەوندا لەگەڵی دەدوێم.
[٧]بەڵام موسای بەندەم ئاوا نییە،
بەڵکو بەوەفایە لە هەموو ماڵەکەم،
[٨]ڕوو بە ڕوو لەگەڵی دەدوێم،
بە ڕوونی نەك بە مەتەڵ،
شێوەی یەزدان دەبینێت.
ئیتر بۆچی نەترسان
کە لە دژی موسای بەندەم دوان؟»

[٩]جا تووڕەیی یەزدان لێیان جۆشا و ڕۆیشت.

[١٠]کاتێك هەورەکە لەسەر چادرەکە بەرزبووەوە مریەم گەڕوگول[c] بوو، وەك بەفر سپی هەڵگەڕا، جا هارون ئاوڕی لە مریەم دایەوە و بینی گەڕوگول بووە. [١١]هارون بە موسای گوت: «گەورەم داوات لێدەکەم ئەو سزایەمان نەخەیتە سەر کە گێلایەتیمان کرد و گوناهمان پێی کرد، [١٢]تکایە با وەك ئەو کۆرپە لەبارچووە نەبێت کە پووکاوەتەوە.»

[١٣]موساش هاواری بۆ یەزدان کرد و گوتی: «خودایە، تکایە چاکی بکەوە.»

[١٤]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «ئەگەر باوکی تفی لە چارەی دەکرد، ئایا حەوت ڕۆژ شەرمەزار نەدەبوو؟ با حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە دەستبەسەر بێت و ئینجا بێتەوە.» [١٥]جا مریەم حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە دەستبەسەر بوو و گەلیش بەڕێ نەکەوتن هەتا مریەم نەهاتەوە.

[١٦]پاش ئەمە گەل لە حەچێرۆتەوە بەڕێکەوتن و لە چۆڵەوانی پاران چادریان هەڵدا.

## سیخوڕی خاکی کەنعان

١٣ ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«چەند پیاوێك بنێرە بۆ سیخوڕیکردن لە خاکی کەنعان کە من بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، لە هەر هۆزێك لە باوکانیان پیاوێك دەنێرن، هەر یەکێکیان سەرکردە بێت لەناویاندا.»

[٣]بەپێی فەرمانی یەزدان موسا لە چۆڵەوانی پارانەوە ئەوانی نارد. هەموویان لە نەوەی ئیسرائیل ڕابەر بوون. [٤]ئەمەش ناوەکانیانە:

لە هۆزی ڕەئوبێن شەموعی کوڕی زەکور،
[٥]لە هۆزی شیمۆن شافاتی کوڕی حۆری،
[٦]لە هۆزی یەهودا کالێبی کوڕی یەفونە،
[٧]لە هۆزی یەساخار یەگالی کوڕی یوسف،

[a] ٣٤ بە واتای گۆڕستانی نەوسنان.

[b] ١ وڵاتێکە لە سەرووی ڕووباری نیل.

[c] ١٠ گەڕوگول: وشە عیبرییەکە بۆ چەند نەخۆشی جیاوازی پێست بەکارهێنراوە.

٨ لە هۆزی ئەفرایم هۆشێیەعی کوڕی نون،
٩ لە هۆزی بنیامین پەلتیی کوڕی ڕافو،
١٠ لە هۆزی زەبولون گەدیێلی کوڕی سۆدی،
١١ لە هۆزی یوسف، لە هۆزی مەنەشە گەدیی کوڕی سوسی،
١٢ لە هۆزی دان عەمیێلی کوڕی گەمەلی،
١٣ لە هۆزی ئاشێر سەتوری کوڕی میکائیل،
١٤ لە هۆزی نەفتالی نەحبیی کوڕی ڤۆفسی،
١٥ لە هۆزی گاد گوئێلی کوڕی ماکی.

١٦ ئەوە ناوی ئەو پیاوانە بوو کە موسا ناردنی بۆ
سیخوڕی خاکەکە. موساش هۆشێیەعی کوڕی نونی
ناونا یەشوع.
١٧ جا موسا ناردنی بۆ سیخوڕی خاکی کەنعان و
پێی گوتن: «لێرەوە بەناو نەقەبدا[a] بڕۆن و بۆ ناوچە
شاخاوییەکە سەربکەون و ١٨ بڕوانن خاکەکە چۆنە،
ئەو گەلەش تێیدا دەژییت بە هێزە یان لاوازە؟ کەمن
یان زۆرن؟ ١٩ ئەو خاکەی تێیدا نیشتەجێن چۆنە،
باشە یان خراپە؟ ئەو شارۆچکانە چین کە تێیدا
نیشتەجێن، خێوەتگان یان قەڵابەندن؟ ٢٠ هەروەها
ئەو خاکە چۆنە، بەپیتە یان بێپیتە؟ داری لێیە یان
نا؟ چاونەترس بن و هەندێك لە بەروبوومی خاکەکە
بهێنن.» ئەو ڕۆژانەش ڕۆژانی یەکەم بەری ترێ بوو.
٢١ ئەوانیش سەرکەوتن و سیخوڕی خاکەکەیان کرد،
لە چۆڵەوانی چنەوە هەتا ڕەحۆڤ لە نزیك دەروازەی
حەمات. ٢٢ بەناو نەقەبدا سەرکەوتن و هاتنە
حەبرۆن. لەوێش ئەحیمەن و شێشەی و تەلمەی
نەوەی عەناقی لێبوو، حەبرۆنیش پێش چۆعەنی
میسر بە حەوت ساڵ بنیاد نرابوو. ٢٣ ئیتر هاتنە دۆڵی
ئەشکۆل و لەوێ لقێکیان بە هێشووە ترێیەکەوە
لێکردەوە و بە دارێك هەڵیانگرت لەنێوان دووانیان
و لەگەڵ هەندێك هەنار و هەنجیر. ٢٤ جا ئەو شوێنە
ناونرا دۆڵی ئەشکۆل بەهۆی ئەو هێشووەی نەوەی
ئیسرائیل لەوێ لێیان کردەوە. ٢٥ ئینجا لەدوای چل
ڕۆژ لە سیخوڕیەتی خاکەکە هاتنەوە.

## هەواڵ هێنانەوە

٢٦ سیخوڕەکان هاتنە لای موسا و هارون و هەموو
کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی پاران، لە
قادێش، هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو کۆمەڵ
هێنایەوە و بەروبوومی خاکەکەیان پیشاندان.
٢٧ هەواڵیان پێیدا و گوتیان: «بۆ ئەو خاکە چووین کە
تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر و هەنگوینی
لێ دەڕژێت! ئەمەش بەرەکەیەتی. ٢٨ بەڵام ئەو
گەلەی لە خاکەکەدا نیشتەجێن بە هێزن و
شارەکان قەڵابەند و زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی
عەناقیشمان لەوێ بینی. ٢٩ عەمالێقییەکان لە خاکی
نەقەبدا نیشتەجێن، حیتی و یەبوسی و ئەمورییەکان
لە ناوچە شاخاوییەکەدا نیشتەجێن، کەنعانییەکانیش
لەلای دەریا و لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون
نیشتەجێن.»
٣٠ بەڵام کالێب گەلی بۆ موسا بێدەنگ کرد و
گوتی: «با سەربکەوین و دەستی بەسەردا بگرین،
چونکە توانامان بەسەریدا هەیە.»
٣١ بەڵام ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا چووبوون گوتیان:
«ناتوانین سەربکەوین و دژایەتی ئەو گەلە بکەین
چونکە لە ئێمە بەهێزترن.» ٣٢ جا هەواڵێکی خراپیان
لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا بڵاوکردەوە سەبارەت بەو
خاکەی سیخوڕیان تێدا کردبوو، گوتیان: «ئەو خاکەی
پێیدا چووین هەتا سیخوڕی بکەین، خاکێکە کە
دانیشتووانەکەی قووت دەدات. هەموو ئەو گەلەی
تێیدا بینیمان باڵا بەرز بوون. ٣٣ هەروەها لەوێ
نەفیلیممان[b] بینی، نەوەی عەناق کە لە ڕەگەزی
نەفیلیمن، لە چاوی خۆماندا وەك پێکوڕە وابووین،
بە هەمان شێوەش لەچاو ئەوان.»

## یاخیبوونی گەلەکە

١٤ کۆمەڵ هەموو دەنگیان بەرزکردەوە و
هاواریان کرد و ئەو شەوە گەل گریان.
٢ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد

[a] ١٧ ناوچەیەکی وشکە دەکەوێتە باشووری خاکی بەڵێنپێدراو.

[b] ٣٣ نەفیلیم: بڕوانە پەیدابوون ٤:٦.

بەسەر موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ، پێیان گوتن: «خۆزگە لە میسر دەمردین! خۆزگە لە چۆڵەوانیدا دەمردین! [٣]بۆچی یەزدان ئێمە دەهێنێتە ئەم خاکە بۆ ئەوەی بە شمشێر بکوژرێین و ژن و منداڵمان بە تاڵان ببردرێن؟ ئایا باشتر نییە بگەڕێینەوە میسر؟» [٤]جا بە یەکتریان گوت، «سەرۆکێك بۆ خۆمان دادەنێین و دەگەڕێینەوە میسر.»

[٥]ئینجا موسا و هارون بەسەر ڕوویاندا کەوتن لەبەردەم هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل کە لەوێ کۆببوونەوە. [٦]یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونەش لەوانە بوون کە سیخوڕی خاکەکەیان کردبوو، جلەکانی خۆیان دڕاند و [٧]لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا دوان و گوتیان: «ئەو خاکەی پێیدا چووین هەتا سیخوڕی بکەین خاکێکی زۆر زۆر باشە، [٨]ئەگەر یەزدان پێمان دڵشاد بێت ئەوا دەمانباتە ناو ئەو خاکەی پێمان دەدات، خاکێك کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [٩]بەڵام لە یەزدان یاخی مەبن و لە گەلی ئەو خاکە مەترسن، چونکە خواردنی ئێمەن، ئەوەتا سێبەریان نەماوە و یەزدان لەگەڵمانە، لێیان مەترسن.»

[١٠]بەڵام هەموو کۆمەڵ گوتیان، با ئەو دووانە بەردباران بکرێن. ئینجا شکۆمەندی یەزدان لە چادری چاوپێکەوتندا بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەرکەوت. [١١]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «هەتا کەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکەن و هەتا کەی باوەڕم پێ ناکەن، سەرباری ئەو هەموو نیشانانەی لەنێویاندا کردم؟ [١٢]من تووشی دەردیان دەکەم و لەناویان دەبەم، بەڵام تۆ دەکەمە گەلێکی گەورەتر و مەزنتر لەوان.»

[١٣]موساش بە یەزدانی گوت: «ئینجا میسرییەکان کە تۆ بە دەسەڵاتی خۆت ئەم گەلەت لەنێویان دەرهێنا گوێیان لێ دەبێت و [١٤]بە دانیشتووانی ئەم خاکەی دەڵێن. ئەی یەزدان، ئەوانەی گوێیان لێبووە تۆ لەنێو ئەم گەلە دایت. ئەی یەزدان، تۆ ڕوو بە ڕوو بۆیان دەرکەوتیت و هەورەکەت لەسەریان وەستاوە و تۆش بە ستوونی هەور بە ڕۆژ و بە ستوونی ئاگر بە شەو پێشیان دەکەویت. [١٥]ئەگەر ئەم گەلە لە هەمان کاتدا بکوژیت ئەوا نەتەوەکان کە گوێیان لە هەواڵت بووە، دەڵێن، [١٦]"چونکە یەزدان نەیتوانی بیانباتە ئەو خاکەی کە سوێندی بۆیان خواردبوو، ئیتر لە چۆڵەوانی کوشتنی."

[١٧]«ئێستاش با توانای پەروەردگار مەزن بێت هەروەك فەرمووت: [١٨]"یەزدان پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕی زۆرە، لە گوناه و یاخیبوون خۆشدەبێت، بەڵام تاوانبار ئەستۆپاك ناکات، بەڵکو لەسەر تاوانی باوکان سزای نەوەکان دەدات هەتا نەوەی سێیەم و چوارەم." [١٩]تکایە لە گوناهی ئەم گەلە خۆشبە، ئەوەندەی مەزنی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت، وەك چۆن لەم گەلە خۆشبوویت لە میسرەوە هەتا ئێرە.»

[٢٠]یەزدانیش فەرمووی: «لەسەر داواکەت لێیان خۆشبووم. [٢١]بەڵام بە گیانی خۆم و بەو شکۆمەندییەی یەزدانیش کە هەموو جیهان پڕ دەکاتەوە، [٢٢]تەنها یەکێکیش لەو پیاوانەی شکۆمەندی من و ئەو نیشانانەی بینیبێت کە لە میسر و لە چۆڵەوانی کردم و هەتا ئێستا دە جار تاقییان کردمەوە و گوێیان لە قسەکانم نەگرت، [٢٣]تەنها یەکێکیش لەوانە ئەو خاکە نابینێت کە سوێندم بۆ باوکانیان خوارد. هەموو ئەوانەی سووکایەتییان پێ کردووم نایبینن. [٢٤]بەڵام کالێبی بەندەم لەبەر ئەوەی ڕۆحێکی دیکەی لەگەڵدا بوو و بە تەواوی دوام کەوت، ئەوا دەیبەمە ناو ئەو خاکەی بۆی چوو و دەبێتە میرات بۆ نەوەکەی. [٢٥]لەبەر ئەوەی عەمالێقییەکان و کەنعانییەکان لە دۆڵ نیشتەجێن، ئێوە بەیانی لە ڕێگای دەریای سوورەوە[a] بڕۆن و بەرەو چۆڵەوانی بەڕێ بکەون.»

[٢٦]هەروەها یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٢٧]«هەتا کەی ئەم کۆمەڵە بەدکارە بۆڵەبۆڵەکەرە

[a] ٢٥ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ٢٩:١١.

لە دژم دەوەستن؟ من گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی
ئیسرائیل بوو کە لەسەر من دەیکەن. [٢٨]پێیان بڵێ:
”یەزدان دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، وەك ئەوەی
کە لە ئێوەوە گوێم لێ بوو، ئاواتان لێدەکەم.
[٢٩]لەم چۆڵەوانییە لاشەکانتان دەکەوێت، هەموو
تۆمارکراوەکانتان بەگوێرەی سەرژمێریتان لە گەنجی
بیست ساڵ بەرەو سەرەوە لەوانەی بۆڵەبۆڵیان لە
دژم کرد، [٣٠]ناچنە ناو ئەو خاکەی کە سوێندم خوارد
تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی کوڕی یەفونە
و یەشوعی کوڕی نون نەبێت. [٣١]بەڵام منداڵەکانتان
کە گوتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و
شارەزای ئەو خاکە دەبن کە ئێوە ڕەتتان کردەوە.
[٣٢]جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت.
[٣٣]منداڵەکانیشتان بۆ ماوەی چل ساڵ لە چۆڵەوانی
دەبنە شوان و ئازار دەچێژن بۆ بێوەفاییتان[a] هەتا
دواهەمین لاشەکانتان لە چۆڵەوانیدا کۆتایی پێدێت.
[٣٤]وەك ژمارەی ئەو ڕۆژانەی سیخوڕی خاکەکەتان
کرد کە چل ڕۆژ بوو، بۆ هەر ڕۆژێك ساڵێك، چل ساڵ
گوناهەکانتان هەڵدەگرن و تێدەگەن دژایەتیکردنی
من چۆنە.“ [٣٥]من یەزدانم و فەرمانم کرد، دەبێت
ئاوا لە هەموو ئەم کۆمەڵە بەدکارە ڕێککەوتووەی
لە دژی خۆم بکەم، لەم چۆڵەوانییە لەناودەچن و
دەمرن.»

[٣٦]بەڵام ئەو پیاوانەی موسا ناردنی بۆ سیخوڕی
خاکەکە، هاتنەوە و هەموو کۆمەڵیان لێ هاندا
بەوەی هەواڵی خراپیان لەسەر خاکەکە بڵاوکردەوە،
[٣٧]ئەو پیاوانە لەبەردەم یەزدان بە دەرد مردن، لەبەر
بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی خراپ لەسەر خاکەکە.
[٣٨]بەڵام یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونە
لەو پیاوانە بوون کە بۆ سیخوڕی خاکەکە چووبوون
و ژیان.

[٣٩]کاتێك موسا باسی ئەم قسانەی بۆ هەموو
نەوەی ئیسرائیل کرد، گەل دەستیان بە شیوەن کرد.
[٤٠]ئینجا بەیانی زوو هەستان و چوونە سەرەوە بەرەو
بەرزاییەکانی ناوچە شاخاوییەکە و گوتیان: «ئەوەتا
ئێمە دەچینە ئەو شوێنەی یەزدان بەڵێنی داوە،
چونکە ئێمە گوناهمان کرد.»
[٤١]موساش گوتی: «بۆچی لە فەرمانی یەزدان
دەردەچن، ئەمە سەر ناگرێت! [٤٢]مەڕۆن، چونکە
یەزدان لەنێوتاندا نییە، نەوەك لەبەردەم دوژمنتان
ببەزن، [٤٣]چونکە عەمالێقییەکان و کەنعانییەکان
لەوێن، لەپێشتانن و بە شمشێر دەکوژرێن، ئێوە لە
یەزدان هەڵگەڕانەوە و یەزدان لەگەڵتاندا نابێت.»
[٤٤]بەڵام ئەوان خۆیان هەڵکێشا و بەرەو
بەرزاییەکانی ناوچە شاخاوییەکە سەرکەوتن، نە
سندوقی پەیمانی یەزدان و نە موساش لە ناوەڕاستی
ئۆردوگاکە دەرنەچوون. [٤٥]جا عەمالێقییەکان و
کەنعانییەکانی دانیشتووی ئەو ناوچە شاخاوییانە
هاتنە خوارەوە و هەتا حۆرما لە ئێوەیان دا و تێکیان
شکاندن.

## پێشکەشکراوەکانی دیکە

١٥ یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێك
هاتنە ناو خاکی نیشتەجێبوونتان کە من پێتانی
دەدەم و [٣]قوربانی بە ئاگرتان بۆ یەزدان کرد لە
گا یان بەران، جا قوربانی سووتاندن یان قوربانی
سەربڕاو بۆ بەجێهێنانی نەزر یان بەخشینی ئازاد[b]
یان لە جەژنەکانتان بۆ ئەو بۆنەی کە یەزدان پێی
خۆشە، [٤]ئەوەی قوربانییەکەی بۆ یەزدان پێشکەش
کرد، پێشکەشکراوی دانەوێڵەش لە باشترین ئارد
دەیەکی ئێفەیەك شێلراو بە چارەکە هەینێك لە
زەیت پێشکەش دەکات. [٥]شەرابیش بۆ شەرابی
پێشکەشکراو چارەکە هەینێك ئامادە بکە، لەسەر
قوربانی سووتاندنەکە یان قوربانییە سەربڕدراوەکە
بۆ یەك بەرخ.
[٦]«”بەڵام لەگەڵ بەران، پێشکەشکراوی دانەوێڵە
لە باشترین ئارد دوو دەیەکی ئێفەیەك[c] شێلراو بە

[a] ٣٣ عیبری: داوێنپیسییەکەتان، بڕوانە هۆشەع ٢:١.

[b] ٣ بەخشینی ئازاد: بڕوانە دەرچوون ٢٩:٣٥ و ٣:٣٦.

[c] ٦ دوو دەیەکی ئێفەیەك: نزیکەی ٤،٥ لیتر.

سێیەکی هەینێک[a] لە زەیت دەکەیت و ٧شەرابیش بۆ شەرابی پێشکەشکراو سێیەکی هەینێک، وەک ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە پێشکەش دەکرێت.

٨«”ئەگەر جوانەگایەکت کردە قوربانی سووتاندن یان قوربانی سەربڕاو بۆ بەجێهێنانی نەزر یان قوربانی هاوبەشی بۆ یەزدان، ٩ئەوا لەگەڵ جوانەگاکە پێشکەشکراوی دانەوێڵە سێ دەیەکی ئێفەیەک[b] لە باشترین ئاردی شێلراو بە نیو هەین[c] زەیت پێشکەش دەکەیت و ١٠نیو هەین شەرابیش بۆ شەرابی پێشکەشکراو پێشکەش دەکەیت، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە. ١١ئاوا بۆ گایەک یان بەرانێک یان بەرخ یان کارەبزن دەکرێت، ١٢ئاوا دەکەن بەگوێرەی ژمارەیان، بۆ هەر یەکێک بەگوێرەی ژمارەیان.

١٣«”هەر هاوڵاتییەک بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بە ئاگر ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە ئاوا دەکات. ١٤ئەگەر نامۆیەک لەنێوتان نیشتەجێ بوو، یان هەرکەسێکی دیکە لەنێوتان نیشتەجێیە، نەوە دوای نەوە ویستی قوربانی بە ئاگر بکات، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، دەبێت وەک ئێوە بیکات. ١٥کۆمەڵ بۆ ئێوە و بۆ ئەو نامۆیەی لەنێوتاندا بژیێت، یەک فەرزی هەتاهەتاییە نەوە دوای نەوە. نامۆکەش وەک ئێوە دەبێت لەبەردەم یەزدان، ١٦یەک فێرکردن و یەک یاسا دەبێت بۆ ئێوە و بۆ ئەو نامۆیەی لەنێوتاندا دەژیێت.“»

١٧هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ١٨«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێک چوونە ناو ئەو خاکەی کە من ئێوەی بۆ دەبەم، ١٩جا کاتێک لە نانی خاکەکە دەخۆن ئەوا پێشکەشکراو بۆ یەزدان دەبەخشن. ٢٠لە یەکەم ئاردی هاڕاوتان کولێرەیەک دەکەنە پیتاک وەک پێشکەشکراوی جۆخین[d] دەیبەخشن. ٢١نەوە لەدوای نەوە لە یەکەم ئاردی هاڕاوتان بەخشین بۆ یەزدان پێشکەش دەکەن.

## پێشکەشکراوەکان بۆ گوناهکردنی بێ ئەنقەست

٢٢«”ئەگەر بەبێ ئەنقەست[e] هەموو ئەم فەرمانانەتان بەجێنەهێنا کە یەزدان بە موسای سپارد، ٢٣هەموو ئەوەی یەزدان لەسەر دەستی موسا فەرمانی پێ کردوون، لەو ڕۆژەوەی یەزدان فەرمانی پێ کردووە و بەردەوام نەوە دوای نەوە، ٢٤ئەگەر بەبێ ئەنقەست و بێ بوونی زانیاری کۆمەڵ ئەمە ئەنجام درا، ئەوا بەپێی فەرزەکان هەموو کۆمەڵ جوانەگایەک لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەرابی پێشکەشکراو دەکەنە قوربانی سووتاندن، وەک ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، لەگەڵ گیسکێکی نێرینە وەک قوربانی گوناه. ٢٥جا کاهین کەفارەت بۆ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل دەکات و لێخۆشبوونیان بۆ دەبێت، چونکە بەبێ ئەنقەست بووە. جا ئەگەر قوربانییەکەیان وەک قوربانی بە ئاگر بۆ یەزدان هێنا و قوربانییەکەی گوناهیان بۆ بەردەم یەزدان هێنا لەبەر بێئاگاییەکەیان، ٢٦ئەوا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل و ئەو نامۆیەش کە لەنێویان دەژیێت لێخۆشبوونی بۆ دەبێت، چونکە هەموو گەل بەبێ ئەنقەست تێوەگلاون.

٢٧«”ئەگەر یەک کەس بەبێ ئەنقەست گوناهی کرد، ئەوا بزنێکی یەک ساڵە پێشکەش دەکات وەک قوربانی گوناه. ٢٨کاهین لەبەردەم یەزدان کەفارەت

[a] ٦ سێیەکی هەینێک: نزیکەی ١,٢ لیتر، لێرە و لە ئایەتی ٧.

[b] ٩ سێ دەیەکی ئێفەیەک: نزیکەی ٦,٥ لیتر.

[c] ٩ نیو هەین: نزیکەی دوو لیتر، لێرە و لە ئایەتی دە.

[d] ٢٠ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[e] ٢٢ بەبێ ئەنقەست: ئەگەر کەسێک لە سنووری ئەندازەی ڕێپێدراودا گوناهی کرد چ لە ڕێگەی گوێ پێنەدان و نەزانینەوە بێت. ئەوا لێخۆشبوونی بۆ دەبێت لە ڕێگەی قوربانی بۆ گوناه. هەروەها ئەگەر کەسێک تووشی گڵاوبوون بوویێت ئەوا بە هەمان شێوە پاک دەبێتەوە. بڕوانە لێڤییەکان ٢:٤.

بۆ ئەو کەسە دەکات کە بێئاگا بوو کاتێك گوناهی بەبێ ئەنقەست کرد، کەفارەتی بۆ دەکات و لێخۆشبوونی بۆ دەبێت. ٢٩بۆ هاوڵاتی لە نەوەی ئیسرائیل و بۆ ئەو نامۆیەش کە لەنێویان دەژیێت، یەك یاسا دەبێت بۆ ئەوەی بەبێ ئەنقەست گوناهی کردبێت.

٣٠«”بەڵام ئەو کەسەی هاوڵاتی بێت یان نامۆ بە دەستی ئەنقەست گوناه بکات، ئەو کەسە کفری بەرامبەر بە یەزدان کردووە، ئەو کەسە لەنێو گەلەکەی دەبڕدرێتەوە، ٣١چونکە سووکایەتی بە فەرمایشتی یەزدان کردووە و فەرمانی ئەوی شکاندووە، بێگومان ئەو کەسە دەبڕدرێتەوە و ئۆباڵی خۆی لە ملی خۆی.“»

## شکاندنی یاسای شەممە

٣٢کاتێك نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی بوون پیاوێکیان بینی لە ڕۆژی شەممەدا داری کۆدەکردەوە، ٣٣جا ئەوانەی بینییان دار کۆدەکاتەوە بردیانە بەردەم موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ. ٣٤ئینجا لە بەندیخانەیان دانا، چونکە ئاشکرا نەبوو بوو چی لێ دەکرێت. ٣٥جا یەزدان بە موسای فەرموو: «ئەو پیاوە دەبێت بکوژرێت، لە دەرەوەی ئۆردوگا هەموو کۆمەڵ بەردبارانی دەکەن.» ٣٦جا هەموو کۆمەڵ بردیانە دەرەوەی ئۆردوگا و بەردبارانیان کرد و مرد، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.

## گوڵنگ لەسەر جلوبەرگ

٣٧هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٣٨«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”با گوڵنگ لە لچکی[a] جلەکانتان دروستبکەن، نەوە دوای نەوە و لەسەر لچکەکانی خوارەوە گوڵنگی مۆر دابنێن. ٣٩کاتێك ئەم گوڵنگانە دەبینن هەموو فەرمانەکانی یەزدانتان بەبیر دێتەوە و جێبەجێی دەکەن و بەدوای ئارەزووی دڵ و چاوتان ناکەون هەتا بەدوایاندا بەدڕەوشتی بکەن، ٤٠هەتا بەبیرتان بێتەوە و هەموو فەرمانەکانی یەزدان جێبەجێ بکەن و بۆ خوداتان پیرۆز بن. ٤١من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسر دەریهێنان هەتا ببێت بە خوداتان، من یەزدانی پەروەردگارتانم.“»

## قۆرەح و داتان و ئەبیرام

١٦ قۆرەحی کوڕی یەسهار کوڕی قەهات کوڕی لێڤی و داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب و ئۆنی کوڕی پەلەت لە نەوەی ڕەئوبێن ٢لە دژی موسا هەستانەوە. چەند کەسێکیش لە نەوەی ئیسرائیل لەگەڵیان بوون، دوو سەد و پەنجا کەس لە ڕابەرەکانی کۆمەڵ لە ئەنجومەن هەڵبژێردرابوون، کە زۆر ناسراو بوون، ٣جا لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و پێیان گوتن: «ئێوە زیاد ڕۆیشتوون! چونکە هەموو کۆمەڵ پیرۆزن و یەزدانیش لەنێوانیاندایە، ئیتر بۆچی خۆتان لەسەر کۆمەڵی یەزدان بەرز دەکەنەوە؟»

٤جا موسا گوێی لێبوو و بەسەر ڕوودا کەوت. ٥ئینجا بە قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی گوت: «بەیانی یەزدان پیشانی دەدات کێ بۆ ئەوە و کێ پیرۆزە هەتا لە خۆی نزیکی بکاتەوە، جا هەرکێ هەڵبژێرێت ئەو لە خۆی نزیك دەکاتەوە. ٦ئەمە بکەن، بخووردان بۆ خۆتان ببەن، قۆرەح و هەموو کۆمەڵەکەی، ٧بەیانی ئاگری لەناو دابنێن و لەبەردەم یەزدان بخووری بەسەردا بکەن، جا ئەو پیاوەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت ئەو پیرۆزە، ئیتر ئەی نەوەی لێڤی ئەمەتان بەس بێت!»

٨هەروەها موسا بە قۆرەحی گوت: «ئەی نەوەی لێڤی گوێ بگرن، ٩ئایا بە کەمی دەزانن کە خودای ئیسرائیل لەنێو کۆمەڵی ئیسرائیل جیای کردنەوە هەتا لە خۆی نزیکتان بکاتەوە، هەتا خزمەتی چادری پەرستنی یەزدان بکەن و لەبەردەم کۆمەڵ بوەستن بۆ خزمەتکردنی؟ ١٠جا تۆ و هەموو براکانت لە نەوەی لێڤی لە خۆی نزیك کردەوە و داوای کاهینییەتیش دەکەن؟ ١١کەواتە تۆ و هەموو

[a] ٣٨ لاولوێچ یان لچك مەبەست لە سەرگۆشەی قوماشە یان جل و بەرگ.

کۆمەڵەکەت لەسەر دژایەتیکردنی یەزدان ڕێك کەوتوون، بەڵام هارون کێیە هەتا بۆڵەبۆڵی لەسەر بکەن؟»

١٢ جا موسا ناردی هەتا بانگی داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان: «نایەین! ١٣ ئایا ئەمە بەس نییە کە تۆ لە خاکێك دەرتهێناین کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت هەتا لە چۆڵەوانی بمانمرێنیت و ئێستاش خۆت بکەیت بە میر بەسەرمانەوە، ١٤ هەروەها ئێمەت نەهێناوەتە خاکێك شیر و هەنگوینی لێ بڕژێت و کێڵگە و ڕەزت بە میرات پێنەداین. ئایا چاوی ئەو کەسانە دەردەهێنیت؟[a] ئێمە نایەین!»

١٥ جا موسا زۆر تووڕە بوو و بە یەزدانی گوت: «ئاوڕ لە قوربانییەکەیان مەدەوە، نە گوێدرێژێکم لێ بردوون و نە خراپەم لەگەڵ کەسیان کردووە.»

١٦ ئینجا موسا بە قۆرەحی گوت: «بەیانی تۆ و هەموو کۆمەڵەکەت لەبەردەم یەزدان بن، تۆ و ئەوان و هارونیش، ١٧ هەریەکە بخووردانەکەی ببات و بخووری تێبکات و هەریەکە بخووردانەکەی لەبەردەم یەزدان پێشکەش بکات، دوو سەد و پەنجا بخووردان، تۆ و هارونیش هەریەکە و بخووردانی خۆی.» ١٨ جا هەریەکە بخووردانەکەی خۆی برد و ئاگریان تێکرد و بخووریان بەسەردا کرد و لەگەڵ موسا و هارون لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن ڕاوەستان. ١٩ قۆرەحیش هەموو کۆمەڵی لە دژی ئەوان لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن کۆکردەوە، جا شکۆمەندی یەزدان بۆ هەموو کۆمەڵ دەرکەوت. ٢٠ ئینجا یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: ٢١ «خۆتان لەم کۆمەڵە جیا بکەنەوە، وا من دەستبەجێ لەناویان دەبەم.»

٢٢ بەڵام موسا و هارون بەسەر ڕوویاندا کەوتن و گوتیان: «خودایە، ئەی ئەو خودایەی ژیان بە ئادەمیزاد دەبەخشیت، ئایا یەك پیاو گوناه بکات، تۆ لە هەموو کۆمەڵ تووڕە دەبیت؟»

٢٣ جا یەزدان بە موسای فەرموو: ٢٤ «لەگەڵ کۆمەڵ بدوێ و بڵێ: "لە دەوروبەری چادرەکانی قۆرەح و داتان و ئەبیرام دوور بکەونەوە."»

٢٥ موسا هەستا و چوو بۆ لای داتان و ئەبیرام، پیرەکانی ئیسرائیلیش دوای کەوتن، ٢٦ ئینجا موسا بە کۆمەڵەکەی گوت: «لە چادرەکانی ئەو کەسە بەدکارانە دوور بکەونەوە و دەست لە هیچ شتێکی ئەوان مەدەن، نەوەك بە هەموو گوناهەکانی ئەوانەوە لەناوبچن.» ٢٧ ئیتر ئەوانیش لە دەوروبەری چادرەکانی قۆرەح و داتان و ئەبیرام دوور کەوتنەوە و داتان و ئەبیرامیش هاتنە دەرەوە و لەگەڵ ژن و کوڕ و منداڵەکانیان لە دەرگای چادرەکانیان وەستان. ٢٨ ئینجا موسا گوتی: «بەمە دەزانن کە یەزدان ناردوومی هەتا ئەم هەموو کارانە بکەم و ئەمەش لە خۆمەوە نییە. ٢٩ ئەگەر ئەم پیاوانە وەك مردنێکی سروشتی بمرن و وەك هەموو مرۆڤێك بە مەرگی ئاسایی مردن، ئەوا یەزدان منی نەناردووە. ٣٠ بەڵام ئەگەر یەزدان شتێکی نوێی داهێنا و زەوی دەمی کردەوە و قووتی دان لەگەڵ هەموو ئەوەی هەیانە و بە زیندوویی چوونە خوارەوە بۆ ناو جیهانی مردووان، ئەوا دەزانن کە ئەو کۆمەڵە سووکایەتییان بە یەزدان کردووە.»

٣١ کاتێك لە هەموو ئەم قسانە بووەوە، زەوییەکەی ژێریان شەق بوو و ٣٢ زەوی دەمی کردەوە و قووتی دان لەگەڵ ماڵەکانیان و هەموو پیاوەکانی قۆرەح و لەگەڵ هەموو سامانەکانیان. ٣٣ جا خۆیان و هەموو ئەوەی هەیان بوو بە زیندوویی چوونە خوارەوە بۆ ناو جیهانی مردووان و زەوی بەسەریاندا هاتەوە یەك و لەنێو کۆمەڵدا لەناوچوون. ٣٤ هەموو ئیسرائیلیش کە لە چواردەوریان بوون لە هاواریان هەڵاتن، گوتیان: «نەوەك زەوی قووتمان بدات!»

٣٥ ئاگرێکیش لەلایەن یەزدانەوە هات و دوو سەد و پەنجا پیاوەکەی هەڵلووشی کە بخووریان پێشکەش کرد.

٣٦ ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: ٣٧ «بە ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهین بڵێ، با بخووردانەکان لەناو

[a] ١٤ دەربڕینێکە بە واتای «ئایا ئەو خەڵکە هەڵدەخەڵەتێنی؟»

ئاگرەکە هەڵبگرێت و پاشماوەی ئاگرەکە لە دوور و بە فراوانی بڵاو بکاتەوە، [٣٨]چونکە بخووردانەکانی ئەوانەی لە دژی نرخی ژیانی خۆیان گوناهبارن پیرۆزکراون. با بخووردانەکان بکوتن و بیکەنە چەند پلێتێك و قوربانگاکەی پێ داپۆشرێت، چونکە لەبەردەم یەزدان پێشکەشیان کرد و پیرۆز بوو، نەوەی ئیسرائیل پەند لەمە وەردەگرن.»

[٣٩]ئینجا ئەلعازاری کاهین بخووردانە بڕۆنزییەکانی برد کە ئەوانەی سووتێنرابوون پێشکەشیان کردبوو و کوتایان و کردیانە پۆشەر بۆ قوربانگاکە، [٤٠]وەك یەزدان پێی فەرموو لەسەر دەستی موسا. ئەمە وەك بەبیرهێنانەوەیەك بوو بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەگەر پیاوێکی بێگانە کە لە نەوەی هارون نەبێت لەبەردەم یەزدان بۆ بخوور سووتاندن نزیك بکەوێتەوە، ئەوا وەك قۆرەح و کۆمەڵەکەی لێدێت.

[٤١]جا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بۆ بەیانی دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد لەسەر موسا و هارون و گوتیان: «ئێوە گەلی یەزدانتان کوشت.»

[٤٢]کاتێك کۆمەڵ لە دژی موسا و هارون کۆبوونەوە ئەوان چوونە لای چادری چاوپێکەوتن، لەپڕ هەورێك دایپۆشی و شکۆمەندی یەزدان دەرکەوت. [٤٣]جا موسا و هارون هاتنە بەردەم چادری چاوپێکەوتن. [٤٤]یەزدانیش بە موسای فەرموو: [٤٥]«لەنێو ئەم کۆمەڵە بچنە دەرەوە، من بە ساتێك لەناویان دەبەم.» جا بەسەر ڕوویاندا کەوتن.

[٤٦]ئینجا موسا بە هارونی گوت: «بخووردانەکە ببە و لەسەر قوربانگاکەوە ئاگری تێبکە، بخووری لەسەر دابنێ، بە خێرایی بیبە لای کۆمەڵ و کەفارەتیان بۆ بکە. لەبەر ئەوەی تووڕەیی یەزدان جۆشاوە، وا دەردەکە دەستی پێکرد.» [٤٧]ئیتر هارون لەسەر قسەی موسا ڕایکرد بۆ ناو کۆمەڵ، بەڵام دەردەکە لەنێو گەلدا دەستی پێکردبوو، ئەویش بخوورەکەی پێشکەش کرد و کەفارەتی بۆ گەل کرد. [٤٨]هارون لەناوەندی مردووان و زیندوواندا ڕاوەستا، دەردەکەش وەستا، [٤٩]جا ئەوانەی بە دەردەکە مردن چواردە هەزار و حەوت سەد بوون، بێجگە لەوانەی بەهۆی قۆرەحەوە مردن. [٥٠]ئینجا هارون گەڕایەوە لای موسا بۆ لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن، لەبەر ئەوەی دەردەکە وەستابوو.

## خونچەکردنی گۆچانی هارون

**١٧** یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و گۆچانیان لێ وەربگرە، بۆ هەر هۆزێك گۆچانێك، لە هەموو سەرۆکەکانیان بەگوێرەی هۆزەکانیان دوازدە گۆچان و ناوی هەریەکەیان لەسەر گۆچانەکەی دەنووسیت و [٣]ناوی هارونیش لەسەر گۆچانی لێڤی دەنووسیت، چونکە بۆ هەر سەرۆك هۆزێك یەك گۆچانە. [٤]لە چادری چاوپێکەوتن لەبەردەم سندوقی پەیمان داینێ، لەو شوێنەی لەگەڵتان کۆ دەبمەوە. [٥]جا ئەو پیاوەی هەڵیدەبژێرم گۆچانەکەی چەکەرە دەکات، ئەوسا ئەو بۆڵەبۆڵەی نەوەی ئیسرائیل لەسەر خۆم کپ دەکەم کە لە دژی ئێوە دەیکەن.»

[٦]ئینجا موسا قسەی لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل کرد، هەموو سەرکردەکان هەریەکە گۆچانێکیان داێ، دوازدە گۆچان بەگوێرەی ژمارەی سەرۆك هۆزەکان، گۆچانەکەی هارونیش لەنێو گۆچانەکانی ئەوان بوو. [٧]جا موسا گۆچانەکانی لەناو چادری پەیمان لەبەردەم یەزدان دانا.

[٨]بۆ بەیانیش موسا چووە ناو چادری شایەتی و بینی گۆچانەکەی هارون کە سەر بە بنەماڵەی لێڤییە چەکەرەی کردووە، خونچەی کردووە و گوڵی کردووە و بادەمی گرتووە و پێگەیشتووە. [٩]جا موسا هەموو گۆچانەکانی لەبەردەم یەزدان بردە دەرەوە بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل، تەماشایان کرد و هەریەکە گۆچانی خۆی بردەوە.

[١٠]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «گۆچانەکەی هارون بگەڕێنەوە بەردەم سندوقی پەیمان، بپارێزرێت بۆ ئەوەی یاخیبووان پەندی لێ وەربگرن. ئینجا بۆڵەبۆڵیان لە دژم دەوەستێت، بۆ ئەوەی نەمرن.» [١١]موساش ئاوای کرد، هەروەك یەزدان فەرمانی پێ کرد.

[١٢]ئینجا نەوەی ئیسرائیل بە موسایان گوت: «ئێمە لەناوچووین و ون بووین، هەموومان ون بووین! [١٣]هەموو ئەوانەی لە چادری پەرستنی یەزدان نزیک دەبنەوە دەمرن، ئایا هەموومان لەناودەچین؟»

## خزمەتی کاهین و لێڤی

١٨ یەزدان بە هارونی فەرموو: «تۆ و کوڕەکانت و بنەماڵەکەت ئۆباڵی ئەو گوناهانە هەڵدەگرن کە لە پیرۆزگا دەکرێت، تۆ و کوڕەکانت ئۆباڵی ئەو گوناهانە هەڵدەگرن کە لە کاهینێتییەکەتان دەکرێت. [٢]هەروەها براکانت، هۆزی لێڤی، هۆزی باوکت، لە خۆت نزیک بکەوە، ئینجا بە تۆوە پابەند دەبن و پاڵپشتی تۆ و کوڕەکانت دەکەن لەبەردەم چادری پەیمان. [٣]ئەوان بەردەستی خۆت و هەموو کاروباری چادرەکە دەکەن، بەڵام لە قاپوقاچاغی پیرۆزگاکە و لە قوربانگاکە نزیک ناکەونەوە، نەوەک ئەوان و ئێوەش، هەمووتان بمرن. [٤]پابەندت دەبن و بەرپرسیاریش دەبن لە پارێزگاری چادری چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو خزمەتی چادرەکە، هیچ کەسێکی دیکەش لێتان نزیک ناکەوێتەوە.

[٥]«بەڵکو ئێوە بەرپرسیار دەبن لە پارێزگاری پیرۆزگاکە و قوربانگاکە، تاکو جارێکی دیکە تووڕەیی نەیەتە سەر نەوەی ئیسرائیل. [٦]من خۆم لێڤییەکانی براتانم لەنێو نەوەی ئیسرائیل هەڵبژارد و دامەوە ئێوە، بۆ یەزدان تەرخانکراون تاکو خزمەتەکەی چادری چاوپێکەوتن بەجێبگەیەنن. [٧]تەنها تۆ و کوڕەکانت لەگەڵت خزمەتی کاهینێتی دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەوەی پەیوەندی بە قوربانگاکە هەیە و ئەوەی لەناو پەردەکەیە دەپارێزن. کاهینێتی پێدراوێکی تایبەت بە ئێوەیە و پێمداون و هەرکەسێکی دیکە ئەوەی لە پیرۆزگا نزیک بکەوێتەوە دەکوژرێت.»

## بەشی کاهین و لێڤییەکان

[٨]یەزدان بە هارونی فەرموو: «ئێستا من بەرپرسیارێتی پێشکەشکراوەکان کە بۆ منی بەرز دەکەنەوە داومەتە تۆ، هەموو پێشکەشکراوە پیرۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل، دەیدەمە خۆت و کوڕەکانت وەک بەشە کاهینێتیتان و بەشێکی چەسپاوە. [٩]ئەم بەشە بۆ تۆ دەبێت لە پێشکەشکراوە هەرەپیرۆزەکان ئەوەی لە ئاگر دەپارێزرێت. لە هەموو قوربانییەکانیان و هەموو پێشکەشکراوەکانی دانەوێڵەیان و هەموو قوربانییەکانی گوناهیان و هەموو قوربانییەکانی تاوانیان کە بۆ منی دەهێنن، ئەو بەشە هەرەپیرۆزە بۆ تۆ و بۆ کوڕەکانتە. [١٠]وەک شتێکی هەرەپیرۆز دەیخۆیت، هەموو نێرینەیەک لێی دەخوات، بۆ تۆ پیرۆز دەبێت.

[١١]«ئەوەی لە بەخشین و قوربانی بەرزکردنەوەی ئیسرائیلییەکان بەلاوەدەنرێت، بۆ تۆیە. بەشێکی چەسپاوە داومەتە تۆ و کوڕ و کچەکانت. ئیتر هەموو کەسێک لە ماڵەکەت کە بەپێی ڕێوڕەسم پاکە لێی دەخوات.

[١٢]«باشترین زەیت و باشترین شەراب و باشترین دانەوێڵە، یەکەمین بەرهەمەکانیان کە بە یەزدانی دەدەن، من هەموویم داوەتە تۆ، [١٣]یەکەمین بەرهەمی هەموو شتێکی زەوییەکەیان کە بۆ یەزدانی پێشکەش دەکەن بۆ تۆ دەبێت، هەموو کەسێک لە ماڵەکەت ئەوەی بەپێی ڕێوڕەسم پاکە لێی دەخوات.

[١٤]«هەموو تەرخانکراوێک[a] بۆ یەزدان لە ئیسرائیل بۆ تۆ دەبێت، [١٥]هەر نۆبەرەیەکی سک کە پێشکەشی یەزدانی دەکەن لە مرۆڤ و لە ئاژەڵ، بۆ تۆ دەبێت، بەڵام پێویستە کوڕە نۆبەرەی مرۆڤ و نۆبەرە نێرینەی ئاژەڵی گڵاویش بکڕیتەوە. [١٦]پێویستە لە تەمەنی یەک مانگییەوە بیانکڕیتەوە، نرخی کڕینەوەش پێنج شاقل لە زیو بەگوێرەی خەمڵاندنی شاقلی پیرۆزگا، کە بیست گێرایە[b].

[١٧]«بەڵام پێویستە نۆبەرەی مانگا و مەڕ و بزن

[a] ١٤ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێک یان کەسێک کە دەبەخشرێت بە یەزدان.

[b] ١٦ بیست گێرا: نزیکەی ١٢ گرام. بڕوانە دەرچوون ١٣:٣٠.

نەکڕێتەوە، ئەوان پیرۆزن و خوێنەکەیان بەسەر
قوربانگاکەدا دەڕژێنیت و پیوەکەیان[a] دەسووتێنیت،
قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.
[١٨]گۆشتەکەشی بۆ تۆ دەبێت وەك سنگی قوربانی
بەرزکردنەوە و ڕانی ڕاستە. [١٩]هەرچییەك کە بەلاوە
دەنرێت لە پێشکەشکراوە پیرۆزەکانی نەوەی
ئیسرائیل کە بۆ یەزدانی پێشکەش دەکەن وەك
بەشێکی چەسپاو داومە بە تۆ و کوڕ و کچەکانت،
دەبێتە پەیمانی نمەك بۆ تۆ و نەوەکەت کە
هەتاهەتایە لەبەردەم یەزدان دەچەسپێت.»

[٢٠]هەروەها یەزدان بە هارونی فەرموو: «لە
زەوییەکەیان هیچ میراتت بەرناکەوێت و لەنێویان
بەشت نابێت، لەنێو نەوەی ئیسرائیل من بەش و
میراتی تۆم.

[٢١]«بەڵام نەوەی لێڤی لەبری ئەو خزمەتەی
دەیکەن، خزمەتی چادری چاوپێکەوتن، ئەوا
من لە ئیسرائیل وەك میرات هەموو دەیەکێکم
پێداون. [٢٢]لە ئێستا بەدواوە نەوەی ئیسرائیل
لە چادری چاوپێکەوتن نزیك ناکەونەوە، هەتا
گوناهێك هەڵبگرن کە بۆ مردن بێت، [٢٣]بەڵکو
لێڤییەکان خزمەتی چادری چاوپێکەوتن دەکەن،
ئەوان بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن وەك فەرزێکی
هەتاهەتایی نەوە دوای نەوە، لەنێو نەوەی
ئیسرائیلدا هیچ میراتیان بەرناکەوێت. [٢٤]دەیەکەکانی
نەوەی ئیسرائیل کە بۆ یەزدانی پێشکەش دەکەن
وەك بەخشینی بەرزکراوە، من داومە بە لێڤییەکان،
میراتی ئەوانە، بۆیە پێیانم فەرموو کە لەنێو نەوەی
ئیسرائیلدا هیچ میراتیان بەرناکەوێت.»

[٢٥]یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٦]«لەگەڵ لێڤییەکان
دەدوێیت و پێیان دەڵێیت: ”کاتێك دەیەکەکە
وەردەگرن لە نەوەی ئیسرائیل کە من وەك میرات
بە ئێوەم داوە، بەخشینی بەرزکراوەی یەزدانی
لێ پێشکەش دەکەن، دەیەك لە دەیەك. [٢٧]جا بە
بەخشینی بەرزکراوەتان دادەنرێت، وەك دانەوێڵەی
جۆخین و پڕی بەرهەمی گوشەرەکە[b]. [٢٨]بەم شێوەیە
ئێوەش بەخشینی بەرزکراوەی یەزدان لە هەموو
دەیەکەکانتان پێشکەش دەکەن کە لە نەوەی
ئیسرائیلی وەردەگرن، لەوە بەخشینی بەرزکراوەی
یەزدان بە هارونی کاهین دەدەن. [٢٩]لە هەموو
بەخشینەکانتان هەموو بەرزکراوەیەك بۆ یەزدان
پێشکەش دەکەن کە لە هەرە باشترین و پیرۆزترین
بێت.“

[٣٠]«پێیان دەڵێیت: ”کاتێك باشترینەکەی پێشکەش
دەکەن، وەك بەرهەمی جۆخین و گوشەر[c] بۆ
لێڤییەکان هەژمارد دەکرێت. [٣١]ئێوە و ماڵەکانتان لە
هەموو شوێنێك دەیخۆن، چونکە کرێی ئێوەیە لەبری
خزمەتتان لە چادری چاوپێکەوتن. [٣٢]بەهۆیەوە
گوناهباریش نابن ئەگەر لە باشترینەکەی پێشکەش
بکەن، بەڵام پێشکەشکراوە پیرۆزەکانی نەوەی
ئیسرائیل گڵاو مەکەن نەوەك بمرن.“»

## ئاوی پاککردنەوە

١٩ یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: [٢]«ئەمە
فەرزی فێرکردنەکەیە کە یەزدان فەرمانی
پێ کردووە و دەفەرموێت، بە نەوەی ئیسرائیل
بڵێ با نوێنگینێکی[d] سووری ساغت بۆ بهێنن کە
کەموکوڕی تێدا نەبێت و نیری نەخرابێتە سەر.
[٣]بدرێتە ئەلعازاری کاهین و دەبردرێتە دەرەوەی
ئۆردوگا و لەبەردەمی سەردەبڕدرێت. [٤]ئەلعازاری
کاهینیش بە پەنجەی لە خوێنەکەی دەبات و بەرەو
ڕووی چادری چاوپێکەوتن حەوت جار دەیپرژێنێت.
[٥]نوێنگینەکەش لەبەرچاوی دەسووتێنرێت، پێستی و
گۆشتی و خوێنی و ڕیخی دەسووتێنرێت. [٦]کاهینیش
پارچە دارێکی ئورز و بەنی سووری ئاڵ و زوفا
دەبات و هەڵیاندەداتە ناو ئاگری نوێنگینەکە. [٧]ئینجا
کاهین جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و

[a] ١٧ پیوەکەی: واتە بەزەکەی.

[b] ٢٧ واتە ئاوی ترێ.

[c] ٣٠ بڕوانە ئایەتی ٢٧.

[d] ٢ نوێنگین: بە گوێرەکە مێینەیەك دەگوترێت کاتێك کە لە شیر دەبڕدرێتەوە، کە تەمەنی لە یەك ساڵ تێبپەڕێنێ.

لەدوای ئەوە دێتە ناو ئۆردوگاکەوە، هەتا ئێوارەش بەپێی ڕێوڕەسمی ئایینی گڵاو دەبێت. [8]ئەوەش کە سووتاندی جلەکانی بە ئاو دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و هەتا ئێوارەش گڵاو دەبێت.

[9]«پیاوێکی پاکیش خۆڵەمێشی نوێنگینەکە کۆدەکاتەوە و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە لە شوێنێکی پاك بەپێی ڕێوڕەسم دایدەنێت، جا بۆ کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل پارێزراو دەبێت بۆ ئاوی پاککردنەوە، چونکە پاکبوونەوەیە لە گوناە. [10]ئەوەی خۆڵەمێشی نوێنگینەکەشی کۆکردەوە جلەکانی دەشوات و هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، جا بۆ نەوەی ئیسرائیل و ئەو نامۆیەش کە لەنێویانە، دەبێت بە فەرزێکی هەتاهەتایی.

[11]«ئەوەی دەست لە لاشەی کەسێکی مردوو بدات ئەوا حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت. [12]پێویستە لە ڕۆژی سێیەمدا خۆی پێ پاك بکاتەوە[a] و لە ڕۆژی حەوتەم پاك دەبێت، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژی سێیەمدا خۆی پاك نەکاتەوە ئەوا لە ڕۆژی حەوتەم پاك نابێت. [13]هەرکەسێك دەست لە لاشەی کەسێکی مردوو بدات و خۆی پاك نەکاتەوە ئەوا چادری پەرستنی یەزدان گڵاو دەکات، ئەو کەسە لە ئیسرائیل دەبڕدرێتەوە، چونکە ئاوی پاککردنەوەی بەسەردا نەپرژێنراوە و گڵاوە، گڵاوییەکەی هێشتا تێدا ماوە.

[14]«ئەمە فێرکردنەکەیە، ئەگەر کەسێك لەناو چادرێکدا مرد ئەوا هەر یەکێك بێتە ناو چادرەکە و هەموو ئەوانەی لەناو چادرەکە بوون حەوت ڕۆژ گڵاو دەبن، [15]هەموو دەفرێکی[b] کراوەش کە بە باشی سەری دانەخرابێت ئەوا گڵاوە.

[16]«هەرکەسێك لە دەشتودەر دەست لە کوژراوێکی بە شمشێر یان مردووێك یان ئێسکی مرۆڤێك یان گۆڕێك بدات، ئەوا حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت.

[17]«جا بۆ گڵاو لە خۆڵەمێشی ئاگری قوربانی پاکبوونەوە دەبەن و لە گۆزەیەکدا ئاوێکی سازگاری بەسەردا دەکەن. [18]پیاوێکی پاکیش بەپێی ڕێوڕەسم زوفایەك دەبات و نوقومی ناو ئاوەکەی دەکات و بەسەر چادر و هەموو شتومەکەکانیدا دەپرژێنێت، بەسەر ئەو کەسانەشدا دەپرژێنێت کە لەوێ بوون، هەروەها ئەوەش کە دەستی لە ئێسك یان کوژراو یان مردوو یان گۆڕ داوە. [19]کەسە پاکەکەش لە ڕۆژی سێیەم و ڕۆژی حەوتەم ئاوەکە بەسەر کەسە گڵاوەکەدا دەپرژێنێت، لە ڕۆژی حەوتەم پاکی دەکاتەوە. ئەویش جلەکانی دەشوات و خۆی بە ئاو دەشوات و بۆ ئێوارە پاك دەبێت. [20]بەڵام ئەو کەسەی گڵاو دەبێت و خۆی پاك ناکاتەوە، ئەوا ئەو گیانە لەنێو کۆمەڵدا دەبڕدرێتەوە، چونکە پیرۆزگای یەزدانی گڵاو کردووە، ئاوی پاککردنەوەی بەسەردا نەپرژێنراوە، گڵاوە. [21]جا بۆیان دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی.

«ئەوەی ئاوی پاککردنەوەی پرژاندووە جلەکانی دەشوات، ئەوەی دەستی لە ئاوی پاککردنەوە داوە، هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت، [22]هەرچییەك ئەو گڵاوە دەستی لێ بدات گڵاو دەبێت و ئەو کەسەش کە دەستی لێ بدات هەتا ئێوارە گڵاو دەبێت.»

## ئاو لە تاشەبەردەکەوە

٢٠ ئینجا نەوەی ئیسرائیل، هەموو کۆمەڵەکە هاتنە چۆڵەوانی چن لە مانگی یەکدا و گەل لە قادێش چادریان هەڵدا و لەوێدا مریەم مرد و لەوێش نێژرا.

[2]ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا لە دژی موسا و هارون کۆبوونەوە و [3]گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و گوتیان: «خۆزگە وەك براکانمان لەبەردەم یەزدان لەناوبچووینایە! [4]بۆچی کۆمەڵی یەزدانتان هێنایە ئەم چۆڵەوانییە هەتا تێیدا خۆمان و مەڕوماڵاتمان بمرین؟ [5]بۆچی ئێمەتان لە میسرەوە هێنایە دەرەوە تاکو بمانهێنن بۆ ئەم شوێنە خراپە؟ ئەم شوێنە دانەوێڵە و هەنجیر و مێو و هەناری لێ نییە، ئاوی خواردنەوەشی لێ نییە!»

[a] ١٢ پێ پاك بکاتەوە: واتە بە ئاوی پاککردنەوە، بڕوانە ئایەتی ٩.

[b] ١٥ جام یان دەوری بۆ پێداویستی خواردن.

[٦]جا موسا و هارون لەبەردەم کۆمەڵەوە هاتنە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بەسەر ڕوویاندا کەوتن و شکۆمەندی یەزدانیان بۆ دەرکەوت. [٧]یەزدانیش بە موسای فەرموو: [٨]«گۆچانەکە ببە و کۆمەڵ کۆبکەرەوە، تۆ و هارونی برات لەبەرچاویاندا بەو تاشەبەردە بڵێن هەتا ئاوەکەی بدات، جا لە تاشەبەردەکەوە ئاویان بۆ هەڵدەقوڵێت و کۆمەڵ و مەڕوماڵاتەکانیان ئاو دەدەیت.»

[٩]موساش گۆچانەکەی لەبەردەم یەزدانەوە برد وەك فەرمانی پێ کرد. [١٠]موسا و هارون جەماوەریان لەپێش تاشەبەردەکە کۆکردەوە، موسا پێی گوتن: «ئەی یاخیبووان گوێ بگرن، ئایا لەم بەردەوە ئاوتان بۆ دەربهێنین؟» [١١]موسا دەستی بەرزکردەوە و بە گۆچانەکەی دوو جار لە تاشەبەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر هەڵقولا و کۆمەڵ و مەڕوماڵاتەکانیشیان لێیان خواردەوە.

[١٢]بەڵام یەزدان بە موسا و هارونی فەرموو: «لەبەر ئەوەی متمانەتان پێ نەکردم، تاکو لەبەرچاوی گەلی ئیسرائیل من بە پیرۆز نیشان بدەن، هەر لەبەر ئەوە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.»

[١٣]ئەمە مێرگی مەریبایە کە نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ یەزداندا دەمەقاڵێیان کرد و ئەویش لەنێویاندا پیرۆزی خۆی نیشان دان.

## ئەدۆم ڕێگا بە ئیسرائیل نادات

[١٤]ئینجا موسا لە قادێشەوە چەند نێردراوێکی بۆ لای پاشای ئەدۆم نارد:

«ئیسرائیلی برات ئاوا دەڵێت: تۆ بە هەموو ناخۆشییەکانت زانی کە تووشمان هات. [١٥]باوکانمان چوونە میسر و ڕۆژانێکی زۆر لە میسر ماینەوە. میسرییەکان ئێمە و باوکانی ئێمەیان زەلیل کرد، [١٦]بەڵام هاوارمان بۆ یەزدان کرد و گوێی لە دەنگمان بوو، فریشتەیەکی نارد و لە میسر دەریهێناین.

«ئێستا ئێمە لە قادێشین کە شارۆچکەیەکە لە نزیکی سنووری خاکەکەت. [١٧]تکایە ڕێمان بدە بە خاکەکەتدا تێپەڕین، نە بە کێڵگەیەکدا دەڕۆین و نە بە ڕەزێکدا و نە ئاوی بیرێك دەخۆینەوە، لە شاڕێگای پاشاوە[a] دەڕۆین، نە بەلای ڕاست لادەدەین و نە بەلای چەپ هەتا لە خاکەکەت دەچینە دەرەوە.»

[١٨]بەڵام ئەدۆم وەڵامی دانەوە:

«بە خاکەکەماندا[b] ناڕۆن، ئەگینا بە شمشێرەوە پەلامارتان دەدەم.»

[١٩]نەوەی ئیسرائیلیش گوتیان:

«بە ڕاستەڕێدا دەڕۆین، ئەگەر خۆمان و مەڕوماڵاتەکانمان لە ئاوی تۆمان خواردەوە ئەوا نرخەکەی دەدەین، هیچی دیکە ناکەین تەنها بە پێیەکانمان تێدەپەڕین.»

[٢٠]دیسان ئەدۆم وەڵامی دانەوە:

«تێناپەڕن.»

ئینجا ئەدۆم بە سوپایەکی گەورە و دەستێکی توندەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرچوو. [٢١]ئەدۆم ڕازی نەبوو ئیسرائیل بە خاکی ئەودا تێبپەڕێت، ئیسرائیلیش لێی لادا.

## مردنی هارون

[٢٢]هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە قادێشەوە کۆچیان کرد و هاتنە کێوی هۆر، [٢٣]یەزدانیش لە کێوی هۆر لەسەر سنووری خاکی ئەدۆم بە موسا و هارونی فەرموو: [٢٤]«هارون دەچێتە پاڵ گەلەکەی، چونکە ناچێتە ناو ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، چونکە ئێوە لەلای مێرگی مەریبا لە فەرمانم یاخی بوون. [٢٥]هارون و ئەلعازاری کوڕی ببە سەر کێوی هۆر و [٢٦]جلەکان لەبەر هارون دابکەنە و لەبەر ئەلعازاری کوڕی بکە، جا هارونیش دەچێتە پاڵ گەلەکەی و لەوێ دەمرێت.»

[a] ١٧ عیبری: ڕێگای پاشا، مەبەست لەو ڕێگایە کە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی پاشادایە.

[b] ١٨ عیبری: بەناو مندا.

[٢٧]موساش ئاوای کرد وەك یەزدان فەرمانی دا و لەبەرچاوی هەموو کۆمەڵ بەسەر کێوی هۆر کەوتن. [٢٨]ئینجا موسا جلەکانی لەبەر هارون داکەند و لەبەر ئەلعازاری کوڕی کرد، هارونیش لەوێ لەسەر لووتکەی کێوەکە مرد، ئینجا موسا و ئەلعازار لە کێوەکە هاتنە خوارەوە. [٢٩]کاتێك هەموو کۆمەڵ بینییان هارون مرد، هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل سی ڕۆژ بۆ هارون گریان.

## وێرانکردنی عەراد

٢١ کاتێك کەنعانییەکەی پاشای عەراد کە لە نەقەب نیشتەجێ بوو بیستی نەوەی ئیسرائیل لە ڕێگای ئەتاریمەوە هاتووە، شەڕی لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا کرد و هەندێکی لێیان بە دیل گرت. [٢]نەوەی ئیسرائیلیش نەزرێکیان بۆ یەزدان کرد و گوتیان، «ئەگەر ئەو نەتەوەیە بخەیتە ژێر دەستمان، ئەوا شارەکانی بە تەواوی وێران دەکەین[a].» [٣]یەزدانیش گوێی لە هاواری ئیسرائیل گرت و کەنعانییەکانی دایە دەست و خۆیان و شارۆچکەکانیان بە تەواوی وێران کردن، ئیتر ئەو شوێنە ناونرا حۆرما.[b]

## موسا مارێك لە بڕۆنز دروستدەکات

[٤]ئینجا لە کێوی هۆرەوە بە ڕێگای دەریای سوور کۆچیان کرد هەتا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا ئارامییان لێ بڕا. [٥]گەل لە دژی خودا و موسا قسەیان کرد و گوتیان: «بۆچی لە میسر دەرتانهێناین هەتا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە.»

[٦]یەزدانیش ماری ژەهراوی بۆ سەر گەل نارد و بە گەلیانەوە دا و خەڵکێکی زۆر لە ئیسرائیل مردن. [٧]ئینجا گەل هاتنە لای موسا و گوتیان: «گوناهمان کرد لە دژی یەزدان و لە دژی تۆش قسەمان کرد. لەبەر ئەوە نزا بۆ یەزدان بکە هەتا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت.» موساش لە پێناوی گەل نزای کرد.

[٨]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «مارێکی ژەهراوی دروستبکە و لەسەر ستوونێك هەڵیبواسە، جا هەر یەکێك پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژییێت.» [٩]موساش مارێکی لە بڕۆنز دروستکرد و لەسەر ستوونێك هەڵیواسی، ئەوە بوو هەر کاتێك یەکێك مار پێوەی دەدا و تەماشای مارە بڕۆنزییەکەی دەکرد دەژیا.

## بەرەو مۆئاب

[١٠]ئینجا نەوەی ئیسرائیل کۆچیان کرد و لە ئۆڤۆت چادریان هەڵدا، [١١]لە ئۆڤۆتەوەش کۆچیان کرد و لە عییی عەڤاریم لە چۆڵەوانی بەرامبەر مۆئاب ڕووەو خۆر هەڵاتن چادریان هەڵدا. [١٢]لەوێشەوە کۆچیان کرد و لە دۆڵی زەرەد چادریان هەڵدا، [١٣]لەوێشەوە کۆچیان کرد و لە قەراغی باکووری ڕووباری ئەرنۆن چادریان هەڵدا کە لە چۆڵەوانییە لە دەرەوەی سنووری ئەمورییەکانە، چونکە ئەرنۆن سنووری مۆئابە لەنێوان مۆئاب و ئەمورییەکان، [١٤]لەبەر ئەوە پەڕتووکی جەنگەکانی یەزدان دەڵێت:

«شاری واهێڤ لە سوفە و شیوەکانی،
ئەرنۆن و [١٥]نشێوی شیوەکان،
ئەوەی هەتا نشینگەی عار شۆڕ بووەتەوە،
پشتی بە سنووری مۆئابەوە داوە.»

[١٦]لەوێشەوە بۆ بئێر بەردەوام بوون، ئەوەش ئەو بیرەیە کە لەوێ یەزدان بە موسای فەرموو، «گەل کۆبکەرەوە ئاویان دەدەمێ.»

[١٧]ئەوسا ئیسرائیل ئەم گۆرانییەیان چڕی:

«ئەی بیر هەڵبقوڵێ،
گۆرانی لە بارەوە بڵێن،
[١٨]بیرێك میرەکان لێیان داوە،
پیاوماقوڵانی گەل هەڵیانکەندووە،

---

[a] ٢ وێران دەکەین: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[b] ٣ حۆرما: واتە وێرانکردن.

ئەو پیاوماقوڵانە بە داردەست و
گۆچانەکانیان.»

لە چۆڵەوانییەوە هەتا مەتانە چوون، [١٩]لە مەتانەوە
هەتا نەحەلییێل و لە نەحەلییێلەوە هەتا بامۆت[a]، [٢٠]لە
بامۆتەوە هەتا دۆڵێك کە لە مۆئابە و لە لووتکەی
چیای پسگە کە دەڕوانێتە سەر ڕووی چۆڵەوانی.

## شکاندنی سیحۆن و عۆگ

[٢١]ئینجا ئیسرائیل نێردراوی بۆ سیحۆنی پاشای
ئەمورییەکان نارد و گوتی:

[٢٢]«ڕێمان بدە بە خاکەکەتدا تێپەڕین،
نە بەلای کێڵگەیەك و نە بەلای ڕەزە مێوێك
لانادەین و ئاو لە بیر ناخۆینەوە، هەتا لە
خاکەکەت دەچینە دەرەوە بە شاڕێگادا
دەڕۆین.»

[٢٣]بەڵام سیحۆن نەیهێشت ئیسرائیل بە خاکەکەیدا
تێبپەڕێت، بەڵکو هەموو سوپاکەی کۆکردەوە
و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بۆ چۆڵەوانی
دەرچوو، هاتە یەهەچ و شەڕی لەگەڵ ئیسرائیل
کرد. [٢٤]ئیسرائیلیش بە شمشێر لێیدا و دەستی بەسەر
خاکەکەیدا گرت، لە ئەرنۆنەوە هەتا یەبۆق و هەتا
نەوەی عەمۆن، چونکە سنووری عەمۆنییەکان بەهێز
بوو. [٢٥]ئیسرائیل هەموو ئەم شارانەی گرت، ئیسرائیل
لە هەموو شارەکانی ئەمورییەکان نیشتەجێ بوو، لە
حەشبۆن و لە هەموو گوندەکانی. [٢٦]لەبەر ئەوەی
حەشبۆن شاری سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان بوو،
شەڕی لەگەڵ پاشای پێشووی مۆئاب کردبوو و
هەموو خاکەکەی لە دەستی سەندبوو هەتا ئەرنۆن.
[٢٧]لەبەر ئەوە شیعرەکان دەڵێن:

«وەرنە حەشبۆن بنیاد دەنرێتەوە،
شاری سیحۆن نۆژەن دەکرێتەوە.

[٢٨]«چونکە ئاگرێك لە حەشبۆنەوە کڵپەی کرد،
گڕێك لە شاری سیحۆنەوە،
عاری مۆئابی هەڵلووشی،
پیاوانی بەرزاییەکانی ئەرنۆن.
[٢٩]قوڕبەسەرت مۆئاب!
ئەی گەلی کەمۆش لەناوچوویت!
کوڕەکانی ئاوارە کرد و
کچەکانی ڕاپێچ کرد
بۆ سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان.

[٣٠]«بەڵام وا ئەوانمان ڕووخاند،
حەشبۆن لەناوچوو هەتا دیڤۆن،
تێکمان دا هەتا نۆفە
کە هەتا مێدەبایە.»

[٣١]جا ئیسرائیل لە خاکی ئەمورییەکاندا مایەوە.
[٣٢]ئینجا موسا هەندێك کەسی نارد بۆ
سیخوڕیکردن لە یەعزێر، ئیتر گوندەکانیان گرت و
ئەو ئەمورییانەیان دەرکرد کە لەوێ بوون. [٣٣]ئینجا
ڕوویان وەرگێڕا و بە ڕێگای باشاندا سەرکەوتن، جا
عۆگی پاشای باشان لەگەڵ هەموو سوپاکەی بۆ
بەرەنگاربوونەوەیان گەیشتە ئەدرەعی.
[٣٤]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «لێی مەترسە،
چونکە خۆی و هەموو سوپاکەی و خاکەکەیم داوەتە
دەستت، ئەوەی پێ دەکەیت کە بە سیحۆنی پاشای
ئەمورییەکانت کرد کە لە حەشبۆن فەرمانڕەوا بوو.»
[٣٥]جا لە خۆی و کوڕەکانی و هەموو سوپایەکەیان
دا و کەس دەرباز نەبوو، بوونە خاوەنی خاکەکەی.

## بالاق بانگی بەلعام دەکات

٢٢ ئینجا نەوەی ئیسرائیل کۆچیان کرد و
لە دەشتاییەکانی مۆئاب لەلای کەناری
ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا چادریان هەڵدا.
[٢]کاتێك بالاقی کوڕی چیپور هەموو ئەو شتانەی
بینی کە ئیسرائیل بە ئەمورییەکانی کرد، [٣]مۆئاب
لە گەلەکە تۆقی، چونکە زۆر بوون، مۆئاب بەهۆی
نەوەی ئیسرائیل ترسی لێ نیشت.
[٤]مۆئابییەکان بە پیرەکانی میدیانیان گوت: «ئێستا

---

[a] ١٩ بڕوانە ٤١:٢٢.

ئەم ئاپۆرەی خەڵکە هەموو چواردەورمان دەلێسنەوە وەك چۆن گا سەوزایی کێڵگە دەلێسێتەوە.»

لەو سەردەمە بالاقی کوڕی چیپور پاشای مۆئاب بوو. ٥چەند نێردراوێکی بۆ لای بەلعامی کوڕی بەعۆر نارد بۆ پەتور کە نزیك ڕووباری فوراتە لە خاکی نەوەی گەلەکەی، بۆ ئەوەی بانگی بکات و بڵێت:

> «وا گەلێك لە میسر هاتووە و ڕووی زەوی داپۆشیوە و لەتەنیشتم نیشتەجێیە. ٦ئێستاش وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم، چونکە لە من مەزنترن. بەڵکو بتوانم بیانشکێنم و لە خاکەکە دەریانبکەم، چونکە زانیومە ئەوەی داوای بەرەکەتی بۆ بکەیت بەرەکەتدار کراوە و ئەوەی نەفرەتی لێ بکەیت نەفرەت لێکراوە.»

٧پیرانی مۆئاب و پیرانی میدیان بە کرێی فاڵگرتنەوە بەڕێکەوتن و هاتنە لای بەلعام و بە وتەکانی بالاق لەگەڵیدا دوان.
٨ئەویش پێی گوتن: «ئەمشەو لێرە بمێننەوە، یەزدان چیم پێ بڵێت، ئاوا وەڵامتان دەدەمەوە.» ئینجا پیاوە گەورەکانی مۆئاب لەلای بەلعام مانەوە.
٩ئینجا خودا هاتە لای بەلعام و فەرمووی: «ئەو پیاوانە کێن کە لەلاتن؟»
١٠بەلعامیش بە خودای گوت: «بالاقی کوڕی چیپوری پاشای مۆئاب بەدوامدا ناردوویەتی و دەڵێت، ١١”ئەو گەلەی لە میسرەوە هاتووە ڕووی زەوی داپۆشیوە. ئێستا وەرە و نەفرەتیان لێ بکە بۆم، هەتا بتوانم لەگەڵیاندا بجەنگم و دەریانبکەم.“»
١٢بەڵام خودا بە بەلعامی فەرموو: «لەگەڵیاندا مەڕۆ و نەفرەت لە گەلەکە مەکە، چونکە بەرەکەتدارن.»
١٣بەلعام بەیانی هەستا و بە پیاوە گەورەکانی بالاقی گوت: «بۆ خاکەکەتان بگەڕێنەوە، چونکە یەزدان ڕازی نەبوو ڕێم بدات لەگەڵتان بێم.»
١٤پیاوە گەورەکانی مۆئابیش هەستان و هاتنە لای بالاق و گوتیان: «بەلعام ڕازی نەبوو لەگەڵماندا بێت.»
١٥ئینجا بالاق دووبارە پیاوی گەورەی زۆرتر و بەڕێزتری لەوانەی پێشووتر نارد. ١٦ئەوانیش هاتنە لای بەلعام و پێیان گوت:

> «بالاقی کوڕی چیپور ئاوا دەڵێت: با هیچ شتێك ڕێت لێ نەگرێت بێیت بۆ لام، ١٧چونکە پاداشتێکی گەورەت دەکەم، ئەوەی پێم بڵێی دەیکەم، ئێستا وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم.»

١٨بەڵام بەلعام وەڵامی دایەوە و بە خزمەتکارانی بالاقی گوت: «ئەگەر بالاق بە پڕی کۆشکەکەی زێڕ و زیوم پێبدات ناتوانم لە فەرمانی یەزدانی پەروەردگارم دەربچم، بۆ ئەوەی شتێکی بچووك یان گەورە بکەم. ١٩ئێوەش ئێستا ئەمشەو لێرە بمێننەوە، هەتا بزانم یەزدان ئەم جارە چیم پێ دەڵێت.»
٢٠خودا لە شەودا هاتە لای بەلعام و پێی فەرموو: «لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانە هاتوون هەتا بانگت بکەن، هەستە و لەگەڵیاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەیت.»

## ماکەری بەلعام

٢١بەلعامیش بەیانی هەستا و ماکەرەکەی کورتان کرد و لەگەڵ پیاوە گەورەکانی مۆئاب بەڕێکەوت. ٢٢بەڵام کاتێك بەڕێکەوت تووڕەیی خودا جۆشا، ئینجا فریشتەی یەزدان لەسەر ڕێگا بۆی وەستا، هەتا بەربەرەکانێی بکات. لەو کاتەی بەلعام سواری ماکەرەکەی ببوو و هەردوو خزمەتکارەکەشی لەگەڵی بوون. ٢٣کە ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە و شمشێرەکەی هەڵکێشاوە و بە دەستیەوەیە، ماکەرەکە لە ڕێگاکە لایدا و دایەوە ناو کێڵگە، بەلعامیش لە ماکەرەکەی دا هەتا بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگاکە.
٢٤ئینجا فریشتەی یەزدان لە ڕێچکەیەکی باریکدا لەنێوان دوو ڕەزدا وەستا کە لەملا و ئەولا دیواری

هەبوو، [٢٥]کاتێك ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی ملی دا بە دیوارەکە و پێی بەلعام بەر دیوارەکە کەوت. ئینجا دیسان لە ماکەرەکەی دایەوە.

[٢٦]دواتر فریشتەی یەزدان پێشیان کەوتەوە و لە شوێنێکی تەنگەبەر وەستا کە هیچ ڕێگا نەبوو بۆ سوڕانەوە، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا. [٢٧]کە ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی، لەژێر بەلعامدا خۆی کێشایەوە، تووڕەیی بەلعام جۆشا و بە گۆچانەکەی لە ماکەرەکەی دا، [٢٨]ئینجا یەزدان دەمی ماکەرەکەی کردەوە و بە بەلعامی گوت: «چیم لێکردوویت؟ بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لێت دام؟»

[٢٩]بەلعامیش بە ماکەرەکەی گوت: «چونکە سووکایەتیم پێ دەکەیت، ئەگەر شمشێرم لە دەست بووایە ئێستا دەمکوشتیت.»

[٣٠]ماکەرەکەش بە بەلعامی گوت: «باشە من ماکەرەکەی تۆ نیم کە لەو کاتەوەی هەی سوارم دەبیت هەتا ئەمڕۆ، ئایا من لێڕاهاتووم وات لێ بکەم؟»

ئەویش گوتی: «نا.»

[٣١]ئینجا یەزدان چاوی بەلعامی کردەوە و فریشتەی یەزدانی بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە و شمشێری هەڵکێشاوە و بە دەستیەوەیە، جا بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی برد.

[٣٢]فریشتەی یەزدانیش پێی فەرموو: «بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لە ماکەرەکەی خۆتت داوە؟ ئەوەتا من بۆ بەربەرەکانێت هاتووم، چونکە لەبەرچاوی من ڕێگاکەت لاساریکردنە. [٣٣]ماکەرەکە منی بینی هەتا ئێستا سێ جار لە بەرامبەرم خۆی لادا، ئەگەر لە بەرامبەرم خۆی لانەدەدا، ئێستا من تۆم دەکوشت و ئەوم دەهێشتەوە.»

[٣٤]بەلعام بە فریشتەی یەزدانی گوت: «گوناهم کرد، من نەمزانی کە تۆ بوویت ئەوەی لەسەر ڕێگا لەپێشم وەستاویت بۆ بەربەرەکانێم، ئێستاش ئەگەر پێت ناخۆشە من دەگەڕێمەوە.»

[٣٥]فریشتەی یەزدانیش بە بەلعامی فەرموو: «لەگەڵ پیاوەکاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەیت.» ئیتر بەلعام لەگەڵ پیاوە گەورەکانی بالاق بەڕێکەوت.

[٣٦]کاتێك بالاق بیستی کە بەلعام هاتووە، چوو بۆ پێشوازیکردنی بۆ ئەو شارۆچکەیەی مۆئاب کە لەسەر سنووری ئەرنۆنە، لەوپەڕی خاکەکەی. [٣٧]بالاق بە بەلعامی گوت: «ئایا بەدوای تۆمدا نەنارد، هەتا بانگت بکەم، ئیتر بۆ نەهاتی؟ ئایا بەڕاستی من ناتوانم پاداشتت بکەم؟»

[٣٨]بەلعامیش بە بالاقی گوت: «ئەوەتا ئێستا هاتم بۆ لات، ئایا ئێستا هیچ توانایەکم هەیە کە خۆم شتێك بڵێم؟ ئەو وشەیەی خودا دەیخاتە دەمم ئەوە دەڵێم.»

[٣٩]بەلعام و بالاق بەڕێکەوتن و هاتنە قیریەت حوچۆت، [٤٠]ئینجا بالاق مەڕ و مانگای سەربڕی و بەدوای بەلعام و ئەو پیاوە گەورانەی نارد کە لەگەڵی بوون. [٤١]بۆ بەیانی بالاق بەلعامی بردە سەرەوە بۆ بامۆت بەعل[a] و لەوێوە ئەوپەڕی گەلی بینی.

## یەکەم پەیامی بەلعام

# ٢٣

بەلعام بە بالاقی گوت: «لێرە حەوت قوربانگام بۆ دروستبکە و هەر لێرە حەوت گا و حەوت بەرانم بۆ ئامادە بکە.» [٢]بالاقیش بەم جۆرەی کرد، وەك بەلعام گوتی. ئیتر بالاق و بەلعام بۆ سەر هەر قوربانگایەك گایەك و بەرانێکیان سەرخست.

[٣]ئینجا بەلعام بە بالاقی گوت: «تۆ لەلای قوربانی سووتاندنەکەت بوەستە و من دەڕۆم، لەوانەیە یەزدان بۆ بینینم بێت و هەرچی پیشانم بدات پێت دەڵێم.» ئینجا بۆ شوێنێکی بەرز و چۆڵ چوو.

[٤]خودا هاتە لای بەلعام، بەلعامیش پێی گوت: «حەوت قوربانگام ئامادە کرد و گایەك و بەرانێکم خستە سەر هەر قوربانگایەك.»

[٥]یەزدان وشەی خستە دەمی بەلعام و فەرمووی: «بۆ لای بالاق بگەڕێوە و ئاوا بڵێ.»

---

[a] ٤١ مەبەست لە شوێنێکی بەرزە بۆ قوربانیکردن و ڕێوڕەسمی پەرستنی بتی بەعل.

٦ئەویش گەڕایەوە لای و بینی وا لەگەڵ
هەموو پیاوە گەورەکانی مۆئاب لەلای قوربانی
سووتاندنەکەی وەستاوە. ٧ئیتر بەلعام پەیامەکەی
ڕاگەیاند و گوتی:

«لە ئارامەوە بالاقی پاشای مۆئاب منی هێنا،
لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتەوە،
گوتی ”وەرە نەفرەت لە یاقوب بکە بۆم،
وەرە جنێو بە ئیسرائیل بدە.“
٨چۆن نەفرەت بکەم
کە خودا نەفرەتی نەکردبێت،
چۆن جنێو بدەم
کە یەزدان جنێوی نەدابێت؟
٩چونکە لەسەر تاوێرەکانەوە دەیبینم،
لە گردەکانەوە تەماشای دەکەم،
گەلێك وا بە تەنها نیشتەجێ بووە،
خۆی بە یەکێك لە نەتەوەکان دانانێت.
١٠کێ خۆڵی یاقوبی ئامار کردووە،
کێ چارەکی ئیسرائیلی ژماردووە؟
با وەك مردنی سەرڕاستان بمرم و
کۆتاییم وەك ئەوان بێت!»

١١بالاق بە بەلعامی گوت: «چیت پێکردم! بۆ
نەفرەتکردن لە دوژمنانم تۆم هێنا، کەچی وا داوای
بەرەکەتیان بۆ دەکەیت!»
١٢ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئایا ئەوە
نەڵێم، ئەوەی کە یەزدان دەیخاتە سەر زارم تاکو
بیڵێم؟»

## دووەم پەیامی بەلعام

١٣ئینجا بالاق پێی گوت: «لەگەڵم وەرە بۆ
شوێنێکی دیکە هەتا بیانبینیت، بەڵام تەنها بەشێکی
دەبینیت و هەمووی نابینیت، لەوێوە نەفرەتیان لێ
بکە.» ١٤جا بردیە کێڵگەی چۆفیم بۆ سەری پسگە و
حەوت قوربانگای بنیاد نا و هەر قوربانگایەك گایەك
و بەرانێکی سەرخستە سەری.
١٥بەلعام بە بالاقی گوت: «لێرە لەلای قوربانی
سووتاندنەکەت بوەستە و من دەچمە ئەوێ بۆ
گەیشتن بە یەزدان.»
١٦یەزدان بە بەلعام گەیشت و وشەی خستە
دەمی و فەرمووی: «بگەڕێوە لای بالاق و ئاوا بڵێ.»
١٧ئەویش هاتە لای و بینی وا لەگەڵ پیاوە
گەورەکانی مۆئاب لەلای قوربانی سووتاندنەکەی
وەستاوە. بالاق لێی پرسی: «یەزدان چی فەرمووی؟»
١٨ئیتر پەیامەکەی ڕاگەیاند و گوتی:

«هەستە و گوێ بگرە بالاق،
گوێم بۆ شل بکە ئەی کوڕی چیپور،
١٩خودا مرۆڤ نییە هەتا درۆ بکات،
کوڕی مرۆڤیش نییە هەتا بڕیاری بگۆڕێت.
ئایا قسە دەکات و ئەنجامی نەدات؟
یان بەڵێن دەدات و نایباتە سەر؟
٢٠فەرمانم پێدراوە داوای بەرەکەت بکەم،
ئەو بەرەکەتداری کردووە و من ناتوانم بیگۆڕم.

٢١«لە یاقوبدا بەدبەختی بەرچاو نەکەوتووە،
لە ئیسرائیلدا مەراقی نەبینیوە،
یەزدانی پەروەردگاریان لەگەڵیاندایە،
هوتافی پاشای لەنێویاندایە.
٢٢خودا لە میسر دەریهێنان،
ئەوانە هێزی گای کێوییان هەیە.
٢٣جادووگەری لە دژی یاقوب بە کەڵك نایەت،
فاڵگرتنەوەش لە دژی ئیسرائیل بێ سوودە.
ئێستا دەربارەی یاقوب و ئیسرائیل دەگوترێت،
”سەیر بکە خودا چی کردووە!“
٢٤گەلێك وەك شێرە مێ هەڵدەستێت،
وەك نەڕەشێر بەرز دەبێتەوە،
ناخەوێت هەتا نێچیرێك نەخوات و
خوێنی کوژراوان نەخواتەوە.»

٢٥ئینجا بالاق بە بەلعامی گوت: «نە نەفرەتی لێ
بکە و نە داوای بەرەکەتی بۆ بکە.»
٢٦بەلعامیش وەڵامی دایەوە: «پێم نەگوتیت
ئەوەی یەزدان بیڵێت، ئەوە دەکەم؟»

### سێیەم پەیامی بەلعام

[٢٧]بالاقیش بە بەلعامی گوت: «وەرە بتبەمە
شوێنێکی دیکە، بەڵکو لەبەرچاوی خودا باش بێت
و لەوێوە بۆ من نەفرەتیان لێ بکە.» [٢٨]ئینجا بالاق
بەلعامی بردە سەر لووتکەی پەعۆر کە دەڕوانێتە
سەر چۆڵەوانی.
[٢٩]بەلعامیش بە بالاقی گوت: «لێرە حەوت
قوربانگام بۆ دروستبکە و هەر لێرە حەوت گا و
حەوت بەرانم بۆ ئامادە بکە.» [٣٠]بالاقیش وەک بەلعام
چی گوت ئاوای کرد، بۆ سەر هەر قوربانگایەک
گایەک و بەرانێکی خستە سەری.

## ٢٤

کاتێک بەلعام بینی لەبەرچاوی یەزدان
پەسەندە کە ئیسرائیل بەرەکەتدار بکات،
وەک جاری یەکەم و دووەم بەڕێ نەکەوت بۆ
جادووگەری، بەڵکو ڕووی لە چۆڵەوانی کرد. [٢]کاتێک
بەلعام چاوی هەڵبڕی نەوەی ئیسرائیلی بینی هۆز
لەتەنیشت هۆز چادریان هەڵداوە، ڕۆحی خوداش
هاتە سەری، [٣]ئیتر پەیامەکەی ڕاگەیاند و گوتی:

«پەیامەکەی بەلعامی کوڕی بەعۆر،
پەیامەکەی ئەو پیاوەی چاوی کراوەیە،
[٤]پەیامی ئەوەی گوێی لە وشەکانی خودایە،
ئەوەی خودای هەرە بە توانا بینینی بۆ ئاشکرا
دەکات،
ئەوەی بەسەر ڕوودا دەکەوێت، بەڵام چاو
کراوەیە:

[٥]«چادرەکانت چەند جوانە ئەی یاقوب،
نشینگەکانت ئەی ئیسرائیل!

[٦]«وەک ئەو دۆڵانەی درێژ بوونەتەوە،
وەک باخچەی کەناری ڕووبار،
وەک ئەو درەختە ئەلوایانەی[a] کە یەزدان
چاندبێتی،
وەک ئورزی قەراغی ئاو،
[٧]گۆزەکانی ئاویان لێ دەڕژێت و
تۆوی ئەوان لەسەر ئاوی زۆر دەبێت.

«پاشای لە ئەگاگ باڵاتر دەبێت و
شانشینەکەی پایەدار دەبێت.

[٨]«خودا لە میسر دەریهێنان،
وەک شاخی گای کێوییە بۆیان،
ئەو نەتەوانەی ناحەزی دەکەن دەیانخۆن و
ئێسکیان تێکدەشکێنن و
بە تیرەکانیان دەیانبڕن.
[٩]خۆیان وەک شێر ماتداوە و ڕاکشاون،
وەک شێرە مێ، کێ هەڵیاندەستێنێت؟

«بەرەکەتدار بن ئەوانەی بەرەکەتدارتان دەکەن،
نەفرەت لێکراو بن ئەوانەی نەفرەتتان لێ
دەکەن.»

[١٠]ئینجا تووڕەیی بالاق بەسەر بەلعامەوە گڕی
گرت، چەپڵەی لێدا و بە بەلعامی گوت: «بۆ
نەفرەتکردن لە دوژمنەکانم بانگم کردوویت،
کەچی تۆ سێ جار داوای بەرەکەتت بۆ کردن،
[١١]ئێستاش بگەڕێوە شوێنی خۆت، گوتم پاداشتێکی
گەورەت دەکەم، بەڵام یەزدان ڕێگری لێ کردیت کە
پاداشتەکەت وەربگریت.»
[١٢]بەلعامیش بە بالاقی گوت: «ئەی من بە
نێردراوەکانتم نەگوت کە بۆ لای منت ناردبوون،
[١٣]”ئەگەر بالاق بە پڕی خانووەکەی زێڕ و زیوم
پێبدات ناتوانم لە فەرمانی یەزدان دەربچم، بۆ
ئەوەی لە خۆمەوە چاکەیەک یان خراپەیەک بکەم،
ئەوەی یەزدان بیڵێت ئەوە دەڵێم؟“ [١٤]ئێستاش وا من
بۆ لای گەلەکەم بەڕێ دەکەوم، بەڵام وەرە با پێت
بڵێم کە ئەم گەلە لە دوارۆژدا چی لە گەلەکەت
دەکات.»

### چوارەم پەیامی بەلعام

[١٥]ئیتر پەیامەکەی ڕاگەیاند و گوتی:

«پەیامی بەلعامی کوڕی بەعۆر،
پەیامی ئەو پیاوەی چاوی کراوەیە،

[a] ٦ ڕووەکێکی دڕکاوییە وەک (سەبار)، شلەیەکی تێدایە بۆ
پێست باشە.

١٦ پەیامی ئەوەی گوێی لە وشەکانی خودایە،
کە زانینی هەیە لە هەرەبەرزەوە،
ئەوەی خودای هەرە بە توانا بینینی بۆ ئاشکرا دەکات،
ئەوەی بەسەر ڕوودا دەکەوێت، بەڵام چاوی کراوەیە:
١٧ «دەیبینم، بەڵام ئێستا نا،
چاوم پێی دەکەوێت، بەڵام بەم نزیکانە نا.
ئەستێرەیەك لە یاقوب دەردەکەوێت و
داردەستێك لە ئیسرائیل هەڵدەستێت.
ناوچەوانی مۆئاب دەشکێنێت،
کاسەسەری هەموو نەوەی شیت[a]
تێکدەشکێنێت.
١٨ ئەدۆم داگیر دەکرێت،
سێعیری دوژمنیشی دەبێتە خاوەندار،
بەڵام ئیسرائیل قارەمانییێتی دەنوێنێت.
١٩ ئەوەی لە یاقوبەوەیە دەسەڵاتدار دەبێت،
بەجێماوەکان لە شار لەناودەبات.»

## پێنجەم پەیامی بەلعام

٢٠ ئینجا بەلعام عەمالێقی بینی و پەیامەکەی ڕاگەیاند و گوتی:

«عەمالێق یەکەمی نەتەوەکان بوو،
بەڵام کۆتاییەکەی لەناوچوونە.»

٢١ ئینجا قێنییەکانی بینی و پەیامەکەی پێ ڕاگەیاندن و گوتی:

«نشینگەکەتان پتەوە و
هێلانەکەتان لەناو تاشەبەردە،
٢٢ بەڵام ئەی قێنییەکان ئێوە وێران دەبن،
کاتێك ئەشوورییەکان بە دیلتان دەگرن.»

٢٣ ئیتر پەیامەکەی ڕاگەیاند و گوتی:

«ئای کێ دەژێیت کاتێك خودا ئاوا دەکات،
٢٤ لەلای کەنارەکانی کیتیمەوە[b] کەشتییەکان دێن و
ئەشوور و عێبەر ژێردەستە دەکات،
بەڵام ئەوانیش بۆ لەناوچوونن.»

٢٥ ئینجا بەلعام هەستا و بەڕێکەوت و گەڕایەوە شوێنی خۆی، بالاقیش بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

## مۆئاب کوڕانی ئیسرائیل هەڵدەخەڵەتێنێت

٢٥ کاتێك ئیسرائیل لە شەتیم چادریان هەڵدا
و گەل دەستیان بە بەدڕەوشتی کرد لەگەڵ
کچانی مۆئاب، ٢ ئەوانیش گەلیان بانگهێشت کرد
بۆ قوربانییە سەربڕدراوەکانی خوداوەندەکانیان.
گەلیش خواردی و کڕنۆشی بۆ خوداوەندەکانیان
برد. ٣ ئیسرائیل پەیوەست بوو بە بەعلی پەعۆرەوە[c]،
تووڕەیی یەزدانیش بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا.
٤ یەزدان بە موسای فەرموو: «هەموو ڕابەرانی
گەل ببە و بۆ یەزدان بەرامبەر بە خۆر هەڵیانبواسە،
ئەوسا کوڵی تووڕەیی یەزدان لەسەر ئیسرائیل
دادەمرکێتەوە.»
٥ موساش بە دادوەرانی ئیسرائیلی گوت: «هەر
یەك لە ئێوە ئەو پیاوانەی خۆی بکوژێت کە
پەیوەست بوونە بە بەعلی پەعۆرەوە.»
٦ لەو کاتەدا پیاوێك هات کە لە نەوەی ئیسرائیل
بوو و ژنێکی میدیانی هێنایە ناو کەسوکارەکەی،
لەبەرچاوی موسا و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل
کە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن دەگریان.
٧ کاتێك فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارونی
کاهین ئەمەی بینی، لەنێو کۆمەڵەکە هەستا و
دەستی دایە ڕمێك، ٨ بەدوای پیاوە ئیسرائیلییەکەدا
چووە ناو چادرەکە، بە ڕمەکەی بە یەك جار سکی
پیاوە ئیسرائیلییەکە و ژنەکەشی بڕی. ئینجا دەردەکە

[a] ١٧ نەوەی شیت کوڕی ئادام، واتە گەلی مۆئاب.

[b] ٢٤ قوبرس و کەنارەکانی ڕۆژئاوای.

[c] ٣ بەعلی پەعۆر: ناوێکی مۆئابییە بۆ ئەو خوداوەندەی لە کێوی پەعۆر دەیانپەرست.

لە نەوەی ئیسرائیل بڕایەوە. [٩]بەڵام ئەوانەی بە دەردەکە مردن بیست و چوار هەزار بوون.

[١٠]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١١]«فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهین، تووڕەیی منی لەسەر نەوەی ئیسرائیل گەڕاندەوە، بەوەی کە دڵگەرم بوو بۆ شکۆمەندی من لەنێویان هەتا نەوەی ئیسرائیلم بە دڵگەرمی خۆم لەناو نەبرد. [١٢]لەبەر ئەوە پێی بڵێ ئەوەتا من پەیمانی ئاشتی خۆمی لەگەڵ دەبەستم. [١٣]بۆ خۆی و بۆ نەوەکەی دوای خۆی دەبێتە پەیمانی کاهینیێتی هەتاهەتایی، لەبەر ئەوەی دڵگەرم بوو بۆ خودا و کەفارەتی بۆ نەوەی ئیسرائیل کرد.»

[١٤]ناوی ئەو پیاوە ئیسرائیلییەش کە لەگەڵ ژنە میدیانییەکە کوژرا زیمریی کوڕی سالو بوو، گەورەی بنەماڵەیەك بوو لە شیمۆنییەکان، [١٥]ناوی ژنە میدیانییە کوژراوەکەش کۆزبیی کچی چوور بوو، ئەویش سەرۆکی هۆزێك بوو لە بنەماڵەیەکی میدیانی.

[١٦]یەزدان بە موسای فەرموو: [١٧]«تەنگ بە میدیانییەکان هەڵبچنن و لێیان بدەن، [١٨]چونکە ئەوان بە فریودانەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنین، سەبارەت بە پەعۆر و کۆزبی خوشکیان، کچی سەرۆکێکی میدیان کە لە ڕۆژی دەردەکە بەهۆی پەعۆرەوە کوژرا.»

## ئاماری دووەم[a]

٢٦ لەدوای دەردەکە، یەزدان بە موسا و ئەلعازاری کوڕی هارونی کاهینی فەرموو: [٢]«ژمارەی هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل وەربگرە، لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، بەگوێرەی بنەماڵەکانیان، هەموو ئەوانەی لە ئیسرائیلدا دەتوانن بجەنگن.» [٣]ئینجا موسا و ئەلعازاری کاهین لە دەشتی مۆئاب لەسەر ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا لەگەڵیاندا دوان و گوتیان: [٤]«سەرژمێری لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە بکەن، وەك چۆن یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.»

نەوەی ئیسرائیلیش ئەوانەی لە خاکی میسر هاتنە دەرەوە ئەمانەن:

[٥]نەوەی ڕەئوبێنی نۆبەرەی ئیسرائیل:
بۆ حەنۆك خێڵی حەنۆکییەکان،
بۆ پەلو خێڵی پەلووییەکان،
[٦]بۆ حەسرۆن خێڵی حەسرونییەکان،
بۆ کەرمی خێڵی کەرمییەکان.

[٧]ئەمانە خێڵەکانی ڕەئوبێنییەکانن، تۆمارکراوەکانیان چل و سێ هەزار و حەوت سەد و سی کەس بوون.

[٨]ئەلیابیش کوڕی پەلو بوو، [٩]نەوەی ئەلیابیش نەموئێل و داتان و ئەبیرام، داتان و ئەبیرامیش ئەوانەن کە کۆمەڵەکەیان بانگکرد بۆ بەربەرەکانێی موسا و هارون، لە کۆمەڵی قۆرەح کاتێك بەربەرەکانێی یەزدانیان کرد. [١٠]زەوی دەمی کردەوە و لەگەڵ قۆرەح هەڵیلووشین، کاتێك ئەو کۆمەڵە مردن، دوو سەد و پەنجا پیاو سووتان، ئەوان بوون بە پەند. [١١]بەڵام نەوەی قۆرەح نەفەوتان.

[١٢]نەوەی شیمۆن بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە نەموئێل خێڵی نەموئیلییەکان،
لە یامین خێڵی یامینییەکان،
لە یاکین خێڵی یاکینییەکان،
[١٣]لە زەرەح خێڵی زەرەحییەکان،
لە شائوول خێڵی شائوولییەکان.

[١٤]ئەمانە خێڵەکانی شیمۆنییەکانن، بیست و دوو هەزار و دوو سەد کەس بوون.

[١٥]نەوەی گاد بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە چیفۆن خێڵی چیفۆنییەکان،
لە حەگی خێڵی حەگییەکان،
لە شونی خێڵی شونییەکان،
[١٦]لە ئۆزنی خێڵی ئۆزنییەکان،
لە عێری خێڵی عێرییەکان،

[a] ئاماری دووەم تایبەت بوو بە ناونووسینی پیاوانی ئیسرائیل بۆ سەربازی لەژێر چاودێری یەشوع بۆ هێرشبردنە سەر خاکی کەنعان لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردونەوە.

١٧ لە ئەرۆدی خێڵی ئەرۆدییەکان،
لە ئەرئێلی خێڵی ئەرئێلییەکان.
١٨ ئەمانە خێڵەکانی نەوەی گادن، بەگوێرەی ژمارەیان
چل هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

١٩ ئێر و ئۆنان کوڕانی یەهودا بوون، بەڵام لە خاکی
کەنعان مردن.
٢٠ نەوەی یەهودا بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە شالەح خێڵی شالەحییەکان،
لە پێرێز خێڵی پێرێزییەکان،
لە زەرەح خێڵی زەرەحییەکان،
٢١ نەوەکانی پێرێزیش:
لە حەسرۆن خێڵی حەسرونییەکان،
لە حامول خێڵی حامولییەکان.
٢٢ ئەمانە خێڵەکانی یەهودان، بەگوێرەی ژمارەیان
حەفتا و شەش هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

٢٣ نەوەی یەساخار بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە تۆلاع خێڵی تۆلاعییەکان،
لە پوڤە خێڵی پوڤەییەکان،
٢٤ لە یاشوڤ خێڵی یاشوڤییەکان،
لە شیمرۆن خێڵی شیمرۆنییەکان.
٢٥ ئەمانە خێڵەکانی یەساخارن، بەگوێرەی ژمارەیان
شەست و چوار هەزار و سێ سەد کەس بوون.

٢٦ نەوەی زەبولون بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە سەرەد خێڵی سەرەدییەکان،
لە ئێلۆن خێڵی ئێلۆنییەکان،
لە یەحلئێل خێڵی یەحلئێلییەکان.
٢٧ ئەمانە خێڵەکانی زەبولونییەکانن، بەگوێرەی
ژمارەیان شەست هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

٢٨ کوڕانی یوسف بەگوێرەی خێڵەکانی مەنەشە و
ئەفرایم:

٢٩ نەوەی مەنەشە:
لە ماکیر خێڵی ماکیرییەکان، ماکیر باوکی گلعاد
بوو،
لە گلعاد خێڵی گلعادییەکان.
٣٠ ئەمانە نەوەی گلعادن:
لە ئیعەزەر خێڵی ئیعەزەرییەکان؛
لە حێلەق خێڵی حێلەقییەکان؛
٣١ لە ئەسریێل خێڵی ئەسریێلییەکان؛
لە شەخەم خێڵی شەخەمییەکان؛
٣٢ لە شەمیداع خێڵی شەمیداعییەکان؛
لە حێفەر خێڵی حێفەرییەکان.
٣٣ بەڵام سەلۆفحادی کوڕی حێفەر کوڕی نەبوو،
تەنها کچ و ناوی کچەکانی سەلۆفحاد مەحلە و
نۆعا و حۆگلە و میلکە و تیرزە بوو.
٣٤ ئەمانە خێڵەکانی مەنەشەن و تۆمارکراوەکانیان
پەنجا و دوو هەزار و حەوت سەد کەس بوون.

٣٥ ئەمانەش نەوەی ئەفرایمن بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە شوتەلەح خێڵی شوتەلەحییەکان،
لە بەکەر خێڵی بەکەرییەکان،
لە تەحەن خێڵی تەحەنییەکان،
٣٦ ئەمانەش نەوەی شوتەلەحن:
لە عیران خێڵی عیرانییەکان.
٣٧ ئەمانە خێڵەکانی نەوەی ئەفرایمن، بەگوێرەی
ژمارەیان سی و دوو هەزار و پێنج سەد کەس بوون.

ئەمانە نەوەی یوسفن بەگوێرەی خێڵەکانیان.

٣٨ نەوەی بنیامین بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە بەلەع خێڵی بەلەعییەکان،
لە ئەشبێل خێڵی ئەشبێلییەکان،
لە ئەحیرام خێڵی ئەحیرامییەکان.
٣٩ لە شوفام خێڵی شوفامییەکان،
لە حوفام خێڵی حوفامییەکان.
٤٠ نەوەی بەلەعیش ئەرد و نەعمان بوون:
لە ئەرد خێڵی ئەردییەکان و
لە نەعمان خێڵی نەعمانییەکان.
٤١ ئەمانە نەوەی بنیامینن بەگوێرەی خێڵەکانیان و
تۆمارکراوەکانیان چل و پێنج هەزار و شەش سەد
کەس بوون.

٤٢ ئەمانە نەوەی دانن بەگوێرەی خێڵەکانیان:

لە شوحام خێڵی شوحامییەکان.
ئەمە خێڵەکانی دانە بەگوێرەی خێڵەکانیان، ٤٣هەموو
خێڵەکانی شوحامییەکان بەگوێرەی ژمارەیان شەست
و چوار هەزار و چوار سەد کەس بوون.

٤٤نەوەی ئاشێر بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە یمنە خێڵی یمنییەکان،
لە یەشڤی خێڵی یەشڤییەکان،
لە بەریعە خێڵی بریعییەکان،
٤٥لە نەوەی بەریعە:
لە حەڤەر خێڵی حەڤەرییەکان،
لە مەلکیێل خێڵی مەلکیێلییەکان،
٤٦کچەکەی ئاشێریش ناوی سەرەح بوو.
٤٧ئەمانە خێڵەکانی نەوەی ئاشێرن، بەگوێرەی
ژمارەیان پەنجا و سێ هەزار و چوار سەد کەس
بوون.

٤٨نەوەی نەفتالی بەگوێرەی خێڵەکانیان:
لە یەحزئێل خێڵی یەحزئێلییەکان،
لە گۆنی خێڵی گۆنییەکان،
٤٩لە یێچەر خێڵی یێچەرییەکان،
لە شلێم خێڵی شلێمییەکان.
٥٠ئەمانە خێڵەکانی نەفتالین بەگوێرەی خێڵەکانیان
و تۆمارکراوەکانیان چل و پێنج هەزار و چوار سەد
کەس بوون.

٥١ئەمانە تۆمارکراوەکانن لە نەوەی ئیسرائیل، شەش
سەد و یەک هەزار و حەوت سەد و سی.

٥٢یەزدان بە موسای فەرموو: ٥٣«خاکەکە بۆ ئەمانە
بەگوێرەی ژمارەی ناوەکان بە میرات دابەش دەکەیت.
٥٤بۆ هۆزە گەورەکان میراتیان زۆر دەکەیت و بۆ
هۆزە بچووکەکان میراتیان کەم دەکەیت، هەریەکە
بەگوێرەی تۆمارکراوەکانی میراتی دەدرێتێ، ٥٥بەڵام
خاکەکە بە تیروپشک دابەش دەکەیت، بەگوێرەی
ناوی هۆزەکانی باوکانیان بە میراتی دەگرن، ٥٦لەنێو
کۆمەڵەی گەورە و بچووک بەگوێرەی تیروپشک
میراتەکەیان بۆ دابەش دەکرێت.»

٥٧ئەمانەش تۆمارکراوەکانن لە لێڤییەکان، بەگوێرەی
خێڵەکانیان:
بۆ گێرشۆن خێڵی گێرشۆنییەکان،
بۆ قەهات خێڵی قەهاتییەکان،
بۆ مەراری خێڵی مەرارییەکان.
٥٨ئەمە خێڵەکانی لێڤییە:
خێڵی لیبنییەکان،
خێڵی حەبرۆنییەکان،
خێڵی مەحلییەکان،
خێڵی موشییەکان،
خێڵی قۆرەحییەکان.
عەمرام لە ڕەچەڵەکی قەهات بوو. ٥٩ژنەکەی
عەمرامیش ناوی یۆخەڤەد بوو، لە نەوەی لێڤی
بوو، لە خێزانی لێڤییەکیش لە میسر لەدایک
بوو. لە عەمرام هارون و موسا و مریەمی
خوشکیانی بوو. ٦٠هارونیش باوکی ناداب و
ئەبیهو و ئەلعازار و ئیتامار بوو. ٦١بەڵام ناداب
و ئەبیهو کاتێک ئاگرێکی نامۆیان لەبەردەم
یەزدان پێشکەش کرد مردن.

٦٢تۆمارکراوەکانی لێڤییەکان بیست و سێ هەزار
کەس بوون، هەموو نێرینەیەک لە کۆرپەی یەک
مانگی بەرەو سەرەوە، چونکە لەگەڵ نەوەی
ئیسرائیلدا تۆمار نەکران، لەبەر ئەوەی لەنێو نەوەی
ئیسرائیلدا میراتیان پێنەدرا.

٦٣ئەمانە بوون کە موسا و ئەلعازاری کاهین
تۆماریان کردن، کاتێک نەوەی ئیسرائیلیان لە دەشتی
مۆئاب لەسەر ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا
تۆمار کرد. ٦٤ئەمانەش کەسیان تێدا نەبوو لەوانەی
موسا و هارونی کاهین تۆماریان کردن، کاتێک
نەوەی ئیسرائیلیان لە چۆڵەوانی سینادا تۆمار کرد.
٦٥لەبەر ئەوەی یەزدان پێی فەرموون، «لە چۆڵەوانیدا
دەمرن،» ئیتر کەسیان لێ نەمایەوە، تەنها کالێبی
کوڕی یەفونە و یەشوعی کوڕی نون نەبێت.

## کچانی سەلۆفحاد

٢٧ کچانی سەلۆفحادی کوڕی حێفەر کوڕی گلعاد کوڕی ماکیر کوڕی مەنەشە لە خێڵەکانی مەنەشەی کوڕی یوسف هاتنە پێش. ئەمەش ناوی کچەکانییەتی: مەحلە و نوٚعا و حوٚگلە و میلکە و تیرزە، [٢]لەبەردەم موسا و ئەلعازاری کاهین و سەرۆکەکان و هەموو کۆمەڵ لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن وەستان و گوتیان: [٣]«باوکمان لە بیابان مرد و لەو کۆمەڵەدا نەبوو کە لەگەڵ قۆرەح لە دژی یەزدان کۆبوونەوە، بەڵکو بە گوناهی خۆی مرد و هیچ کوڕی نەبوو. [٤]بۆچی ناوی باوکمان لەنێو خێڵەکەی بسڕێتەوە لەبەر ئەوەی کوڕی نییە؟ لەنێو برایانی باوکمان موڵکمان بدەرێ.»

[٥]موساش داواکارییەکەی ئەوانی بردە بەردەم یەزدان. [٦]جا یەزدان بە موسای فەرموو: [٧]«کچانی سەلۆفحاد ڕاست دەڵێن. تۆش لەنێو برایانی باوکیان موڵکی میراتیان دەدەیتێ و میراتی باوکیان دەدرێتە ئەوان.

[٨]«بە نەوەی ئیسرائیلیش دەڵێیت: ”هەر پیاوێک مرد و کوڕی نەبوو میراتەکەی بۆ کچی دەبێت، [٩]ئەگەر کچیشی نەبوو، میراتەکەی دەدەنە براکانی، [١٠]ئەگەر براشی نەبوو ئەوا میراتەکەی دەدەنە برایانی باوکی، [١١]ئەگەر باوکیشی برای نەبوو ئەوا میراتەکەی دەدەنە نزیکترین کەسی لە خێڵەکەی و ئەو دەبێتە میراتگری. ئەمە بۆ نەوەی ئیسرائیل بووە فەرزێکی یاسایی، هەروەک یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.“»

## موسا دەست لەسەر یەشوع دادەنێت

[١٢]ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: «بڕۆ سەر ئەم چیایە لە زنجیرە چیای عەڤاریم و تەماشای ئەو زەوییە بکە کە بە نەوەی ئیسرائیلم داوە. [١٣]کاتێک تەماشات کرد تۆش دەچیتە ڕیزی گەلەکەت، وەک هارونی برات چووە ڕیزەوە، [١٤]چونکە لە چۆڵەوانی چن کاتێک کۆمەڵەکە یاخی بوون، ئێوە قسەتان شکاندم کە لەبەرچاویان لە شوێنی ئاوەکە پیرۆزم بکەن.» کە ئەوێ ئاوی مەریبای قادێشە لە چۆڵەوانی چن.

[١٥]موسا بە یەزدانی گوت: [١٦]«ئەی یەزدان، ئەی ئەو خودایەی ژیان بە ئادەمیزاد دەبەخشیت، پیاوێک لەسەر کۆمەڵەکە دابنێ [١٧]بەڕێوەیان ببات و لە شەڕدا ڕابەرایەتییان بکات، هەتا کۆمەڵی یەزدان وەک مەڕی بێ شوانیان لێ نەیێت.»

[١٨]یەزدانیش بە موسای فەرموو: «یەشوعی کوڕی نون ببە، پیاوێکە ڕۆحی تێدایە و دەستی لەسەر دابنێ. [١٩]لەبەردەم ئەلعازاری کاهین و هەموو کۆمەڵەکە ڕای بگرە و لەبەرچاویان ئەرکی پێ بسپێرە. [٢٠]هەندێک لە دەسەڵاتی خۆتی بدەرێ هەتا هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل گوێڕایەڵی بن. [٢١]ئەو لەبەردەم ئەلعازاری کاهین ڕادەوەستێت، لەبەردەم یەزدان بەپێی حوکمی ئوریم[a] بۆی دەپرسێت. بە قسەی ئەو دەردەچن و بە قسەی ئەو دێنە ژوورەوە، ئەو و هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل لەگەڵی.»

[٢٢]موسا هەروەک یەزدان فەرمانی پێ کرد، ئاوای کرد. یەشوعی برد و لەبەردەم ئەلعازاری کاهین و لەبەردەم هەموو کۆمەڵەکە ڕایگرت، [٢٣]دەستی لەسەر دانا و ئەرکی پێ سپارد، هەروەک یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمانی دا.

## قوربانی و پێشکەشکراوەکانی ڕۆژانە

٢٨ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە و پێیان بڵێ: ”قوربانی من، ئەو بۆنەی پێم خۆشە، ئاگاداربن کە لە کاتی خۆی خۆراکم بە قوربانی بە ئاگر پێشکەش بکەن.“ [٣]پێشیان بڵێ: ”ئەمە ئەو قوربانی بە ئاگرەیە کە ڕۆژانە بۆ یەزدان پێشکەشی دەکەن: دوو بەرخی نێری یەک ساڵەی ساغ، قوربانی سووتاندنی بەردەوام. [٤]یەکێک لە بەرخەکان لە بەیانی پێشکەش بکە و بەرخی دووەمیش لە کاتی

[a] ٢١ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە دەرچوون ٢٨:٣٠ و یەکەم ساموئێل ٢٣:٩-١٢.

خۆرئاوابوون.[٥] لەگەڵ دەیەکی ئێفەیەك لە باشترین ئارد بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵە بە چارەکە هەینێك زەیتی زەیتوونی گوشراو شێلرابێت،[٦] قوربانی سووتاندنی بەردەوام، ئەوەی لە شاخی سینا کراوە، بۆ ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان،[٧] لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەی، چارەکە هەینێك مەی بۆ بەرخی یەکەم، لە پیرۆزگا بۆ یەزدان پێشکەشی بکە.[٨] هەروەها بەرخی دووەمیش لە کاتی خۆرئاوابوون پێشکەشی بکە، لەگەڵ پێشکەشەکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی، وەك ئەوەی لە بەیانی کردووتە، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە.

## قوربانی و پێشکەشکراوەکانی ڕۆژی شەممە

[٩]«”لە ڕۆژی شەممە[a] دوو بەرخی یەك ساڵەی ساغ پێشکەش بکەن لەگەڵ دوو دەیەکی ئێفەیەك[b] لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو وەك پێشکەشکراوێکی دانەوێڵە لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەی، کە ئەمەش [١٠] قوربانی سووتاندنی هەموو ڕۆژێکی شەممەیە، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

## قوربانی و پێشکەشکراوەکانی مانگانە

[١١]«”لە دەستپێکی هەموو مانگێکدا قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان بکەن، دوو جوانەگا و بەرانێك و حەوت بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ،[١٢] لەگەڵ سێ دەیەکی ئێفەیەك[c] لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەیە بۆ هەر جوانەگایەك و دوو دەیەکی ئێفەیەك لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەیە بۆ هەر بەرانێك.[١٣] یەك دەیەکی ئێفەیەك لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەیە بۆ هەر بەرخێك، قوربانی سووتاندنە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، قوربانی بە ئاگرە بۆ یەزدان.[١٤] شەرابە پێشکەشکراوەکەشیان نیو هەین[d] بۆ جوانەگا و سێیەکی هەین[e] بۆ بەران و چارەکە هەینێك بۆ بەرخ. ئەمە قوربانی سووتاندنە لە دەستپێکی هەموو مانگەکانی ساڵ.[١٥] سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەی، هەروەها گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناە بۆ یەزدان پێشکەش بکرێت.

## جەژنی پەسخە

[١٦]«”لە چواردەی مانگی یەك، جەژنی پەسخەیە بۆ یەزدان،[١٧] لە ڕۆژی پازدەی ئەم مانگەدا جەژنە، حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە بخۆن.[١٨] لە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوەی پیرۆزبوون[f] ببەستن، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن.[١٩] قوربانی بە ئاگر، قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان پێشکەش بکەن، دوو جوانەگا و بەرانێك و حەوت بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ لەلایەن ئێوەوە بێت.[٢٠] پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، سێ دەیەکی ئێفەیەك بۆ هەر جوانەگایەك، دوو دەیەك بۆ هەر بەرانێك،[٢١] دەیەکێك بۆ هەر بەرخێك لە حەوت بەرخەکە بکە.[٢٢] گیسکێکی نێریش قوربانی گوناە بێت بۆ کەفارەتکردن بۆتان،[٢٣] سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەیانییان کە بۆ قوربانی سووتاندنی بەردەوام دەیکەن.[٢٤] بە هەمان شێواز بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەموو ڕۆژێك ئاوا بکەن، خۆراك پێشکەش بکەن، قوربانی بە ئاگرە، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەی.[٢٥] لە ڕۆژی

[a] ٩ مەبەستی ڕۆژی حەسانەوەیە کە ڕۆژی دوای شەش ڕۆژی بەدیهێنان خودا حەسایەوە، بڕوانە پەیدابوون ٢:٢.

[b] ٩ دوو دەیەکی ئێفەیەك: نزیکە ٤,٥ لیتر.

[c] ١٢ سێ دەیەکی ئێفەیەك: نزیکەی ٦,٥ لیتر.

[d] ١٤ نزیکەی دوو لیتر بوو.

[e] ١٤ نزیکەی ١,٢ لیتر بوو.

[f] ١٨ بیرۆکەی بنەڕەتی سەرجەم جەژنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوو بنەمای سەرەکی: (١) یادکردنەوەی کار و چاکە مەزنەکانی خودا بەرامبەر بە گەلەکەی؛ (٢) خۆتەرخانکردن لەم ڕۆژانەدا تەنها بۆ ستایش و پەرستنی خودا و فێربوون.

حەوتەمیش کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن.

## جەژنی هەفتەکان

[26]«”لە ڕۆژی یەکەمین بەرهەم، کاتێک پێشکەشکراوێکی دانەوێڵەیی نوێ بۆ یەزدان پێشکەش دەکەن، لە جەژنی هەفتەکانتان[a] کۆبوونەوەی پیرۆزبوون ببەستن، هیچ کارێکی ئاسایی مەکەن. [27]قوربانی سووتاندن پێشکەش بکەن، بۆ ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، دوو جوانەگا و بەرانێک و حەوت بەرخی نێری یەک ساڵە، [28]هەروەها پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، سێ دەیەکی ئێفەیەک بۆ جوانەگا، دوو دەیەک بۆ بەران، [29]دەیەکێک بۆ هەر بەرخێک لە حەوت بەرخەکە. [30]گیسکێکی نێریش بۆ کەفارەتکردن بۆتان. [31]سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکە بیکەن، دڵنیا بن لەوەی ئاژەڵەکان ساغن و لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەیان بیکەن.

## ڕۆژی دەنگی کەڕەنا

٢٩ «”لە یەکی مانگی حەوت، کۆبوونەوەی پیرۆزبوون دەبەستن، هیچ کارێکی ئاسایی ناکەن، بۆتان دەبێتە ڕۆژی دەنگی کەڕەنا. [2]قوربانی سووتاندنێک دەکەن بۆ ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، یەک جوانەگا و یەک بەران و حەوت بەرخی نێری یەک ساڵەی ساغ، [3]هەروەها پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، سێ دەیەکی ئێفەیەک[b] بۆ جوانەگاکە و دوو دەیەک بۆ بەرانەکە و [4]دەیەکێک[c] بۆ هەر بەرخێک لە حەوت بەرخەکە. [5]گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه بۆ کەفارەتکردن بۆتان، [6]سەرەڕای قوربانی سووتاندنی سەرەمانگان و ڕۆژانە، لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەیان و شەرابە پێشکەشکراوەکەیان وەک نەریتەکەیان، قوربانی بە ئاگرن بۆ یەزدان، ئەو بۆنەیە کە یەزدان پێی خۆشە.

## ڕۆژی کەفارەت

[7]«”لە ڕۆژی دەیەمی ئەم مانگی حەوتەدا کۆبوونەوەی پیرۆزبوون دەبەستن و گیانی خۆتان زەلیل[d] دەکەن، هیچ کارێک ناکەن. [8]قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان پێشکەش دەکەن، ئەو بۆنەی پێی خۆشە، یەک جوانەگا و یەک بەران و حەوت بەرخی نێری یەک ساڵەی ساغ بن، لەلایەن ئێوەوە دەبێت. [9]پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان لە باشترین ئاردی بە زەیت شێلراو، سێ دەیەکی ئێفەیەک بۆ جوانەگا و دوو دەیەک بۆ بەران و [10]دەیەکێک بۆ هەر بەرخێک لە حەوت بەرخەکە. [11]گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی گوناه بۆ کەفارەتکردن و قوربانی سووتاندنی بەردەوام و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەیان.

## جەژنی کەپرەشینە

[12]«”لە ڕۆژی پازدەی مانگی حەوتیش کۆبوونەوەی پیرۆزبوون دەبەستن، هیچ کارێکی ئاسایی ناکەن و حەوت ڕۆژ بۆ یەزدان دەیکەن بە جەژن. [13]قوربانی سووتاندنیش پێشکەش دەکەن، قوربانی بە ئاگر، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، سێزدە جوانەگا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەک ساڵەی ساغ لەلایەن ئێوەوە دەبێت. [14]پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان لە باشترین ئاردی

[a] ٢٦ جەژنی هەفتەکان، هەروەها وەک جەژنی دروێنەش ناسراوە (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٣)، ٥٠ ڕۆژ دوای جەژنی فەتیرە بووە، کە دەکاتە حەوت هەفتە.

[b] ٣ سێ دەیەکی ئێفەیەک نزیکەی ٦,٥ و دوو دەیەک نزیکەی ٤,٥ لیتر.

[c] ٤ دەیەکێک: نزیکەی دوو لیتر.

[d] ٧ مەبەستی لە خۆبێبەشکردنە لە (خواردن و خواردنەوە یان جووتبوون لەگەڵ هاوسەر... هتد). لێرەدا زیاتر کات تەرخان دەکرێت بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە. بڕوانە یەکەم نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆرنسۆس ٥:٧ و یۆحەنا ٣٤:٤.

بە زەیت شێلراو، سێ دەیەکی ئێفەیەك بۆ هەریەك لە سێزدە گایەکە و دوو دەیەك بۆ هەریەك لە دوو بەرانەکە. [١٥] دەیەکێك بۆ هەریەك لە چواردە بەرخەکە. [١٦] هەروەها گیسکێکی نێر بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[١٧] «لە ڕۆژی دووەم دوازدە جوانەگا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [١٨] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان. [١٩] گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکەیان.

[٢٠] «لە ڕۆژی سێیەم یازدە گا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [٢١] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان. [٢٢] هەروەها گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٢٣] «لە ڕۆژی چوارەم دە گا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [٢٤] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان. [٢٥] هەروەها گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٢٦] «لە ڕۆژی پێنجەم نۆ گا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [٢٧] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان هەروەك نەریتەکەیان. [٢٨] گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٢٩] «لە ڕۆژی شەشەم هەشت گا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [٣٠] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان. [٣١] هەروەها گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٣٢] «لە ڕۆژی حەوتەم حەوت گا و دوو بەران و چواردە بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ ئامادە بکەن. [٣٣] لەگەڵ گایەکان و بەرانەکان و بەرخەکان، پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان و شەرابی پێشکەشکراویان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان. [٣٤] هەروەها گیسکێکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٣٥] «لە ڕۆژی هەشتەم ئاهەنگی کۆتایی دەگێڕن، هیچ کارێکی ئاسایی ناکەن. [٣٦] قوربانی سووتاندن پێشکەش دەکەن، قوربانی بە ئاگر، ئەو بۆنەی یەزدان پێی خۆشە، یەك گا و یەك بەران و حەوت بەرخی نێری یەك ساڵەی ساغ، [٣٧] پێشکەشکراوی دانەوێڵەشیان و شەرابی پێشکەشکراویان بۆ گا و بەران و بەرخەکان بەگوێرەی ژمارەیان وەك نەریتەکەیان، [٣٨] هەروەها یەك گیسکی نێریش بۆ قوربانی گوناه، سەرەڕای قوربانی سووتاندنی بەردەوام لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی و شەرابە پێشکەشکراوەکەی.

[٣٩] «لە جەژنەکانتان، سەرەڕای نەزر و بەخشینە ئازادەکانتان، ئەمانە بۆ یەزدان پێشکەش دەکەن:

قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەرابی پێشکەشکراو و قوربانی هاوبەشی.”»

٤٠موسا بەگوێرەی هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ کرد، لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دوا.

## نەزرکردن

٣٠ هەروەها موسا بە سەرۆك هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیلی گوت: «ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان فەرمانی پێی کردووە، ٢ئەگەر پیاوێك نەزرێکی بۆ یەزدان کرد یان سوێندی خوارد بۆ پابەندبوون بە شتێك، با قسەی خۆی نەشکێنێت و بەگوێرەی هەموو ئەوەی گوتوویەتی ئاوا بکات.

٣«بەڵام ئافرەت ئەگەر نەزرێکی بۆ یەزدان کرد و بە شتێك خۆی پابەند کرد، لە ماڵی باوکی، لە کاتی کچێنی و ٤باوکی گوێی لە نەزرەکەی و ئەو شتە بوو کە خۆی پێ پابەند کردووە، ئەگەر خۆی لێ بێدەنگ کرد، ئەوا هەموو نەزرەکانی و هەموو ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە دەچەسپێت. ٥بەڵام ئەگەر باوکی لە ڕۆژی بیستنی نەیهێشت، ئەوا هەموو نەزر و ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە ناچەسپێت، یەزدانیش لێی خۆشدەبێت، چونکە باوکی نەیهێشتووە.

٦«ئەگەر مێردی هەبوو و نەزری کرد یان بە دەمی خۆی ئەو شتەی گوت کە خۆی پێ پابەند دەکات و ٧مێردەکەی بیستی و لە ڕۆژی بیستنەکەی بێدەنگ بوو، ئەوا نەزرەکانی دەچەسپێت و ئەو شتانەش کە خۆی پێ پابەند کردووە دەچەسپێت. ٨بەڵام ئەگەر مێردەکەی لە ڕۆژی بیستنی نەیهێشت، ئەوا نەزرەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، هەروەها ئەو شتەی بە دەمی خۆی گوتی کە خۆی پێ پابەند دەکات، یەزدانیش لێی خۆشدەبێت.

٩«بەڵام نەزری بێوەژن یان تەڵاقدراو، ئەوا هەموو ئەوەی خۆی پێ پابەند دەکات لەسەری دەچەسپێت.

١٠«بەڵام ئەگەر ژنێك لە ماڵی مێردی نەزری کرد و خۆی بە سوێند بە شتێکەوە پابەند کرد، ١١مێردەکەی بیستی و بێدەنگ بوو، ڕێی لێ نەگرت، ئەوا هەموو نەزرەکانی دەچەسپێن و هەموو ئەو شتانەی خۆی پێ پابەند کردووە دەچەسپێت. ١٢بەڵام ئەگەر مێردەکەی لە ڕۆژی بیستنی بەتاڵی کردەوە، ئەوا هەرچی گوتوویەتی لە نەزر و پابەندبوونەکانی ناچەسپێن، چونکە مێردەکەی بەتاڵی کردووەتەوە، یەزدانیش لێی خۆشدەبێت. ١٣هەموو نەزرێك و هەموو سوێندێکی پابەندبوون بۆ زەلیلکردنی گیان، مێردەکەی دەیچەسپێنێت و مێردەکەی بەتاڵی دەکاتەوە. ١٤ئەگەر مێردەکەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێی بێدەنگ بوو، ئەوا هەموو نەزرەکانی یان هەموو ئەو پابەندبوونانەی لەسەریەتی دەچەسپێن، چەسپاندوویەتی چونکە لەو ڕۆژەی بیستوویەتی لێی بێدەنگ بوو، ١٥جا ئەگەر لەدوای بیستنی بەتاڵی کردەوە، ئەوا تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.»

١٦ئەمە ئەو فەرزانەیە کە یەزدان فەرمانی بە موسا کرد لەنێوان مێرد و ژنەکەی و لەنێوان باوك و کچەکەی لە کاتی کچێنیدا لە ماڵی باوکی.

## تۆڵە لە میدیانییەکان

٣١ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: ٢«بە تەواوی تۆڵە بۆ نەوەی ئیسرائیل لە میدیانییەکان بکەرەوە، ئینجا دەچیتە پاڵ گەلەکەت.»

٣موساش بە گەلی گوت: «لەنێو خۆتان هەندێك پیاو چەکدار بکەن بۆ جەنگ، هەتا بچنە سەر میدیان و تۆڵەی یەزدان لە میدیان بکەنەوە، ٤لە هەر هۆزێك هەزار کەس لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل بۆ جەنگ دەنێرن.» ٥ئینجا لە خێڵەکانی ئیسرائیلدا لە هەر هۆزێك هەزار کەس هەڵبژێردرا، دوازدە هەزار کەس بۆ جەنگ چەکدار کران. ٦ئینجا موسا ناردنی بۆ جەنگ، لە هەر هۆزێك هەزار، لەگەڵ فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کاهین، قاپوقاچاغی پیرۆزگا و کەڕەناکانی هوتافیشی بەدەستەوە بوو.

٧ئەوان لە دژی میدیانییەکان جەنگان، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، هەموو نێرینەیەکیان کوشت. ٨پاشاکانی میدیانیشیان لەگەڵ کوژراوەکانیاندا

کوشت، ئاڤی و ڕاقەم و چوور و حوور و ڕیڤەع، پێنج پاشای میدیان، بەلعامی کوڕی بەعۆریشیان بە شمشێر کوشت. [٩]هەروەها نەوەی ئیسرائیل ژن و منداڵی میدیانیان ڕاپێچ کرد و هەموو ئاژەڵ و مەڕ و مانگا و هەموو موڵکیانیان تاڵان کردن. [١٠]هەموو ئەو شارۆچکانەش کە میدیانییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و خێوەتگاکانیان سووتاند. [١١]لە دەستکەوت و تاڵانییەکەش لە مرۆڤ و ئاژەڵ هەموویان برد. [١٢]ئینجا بە ڕاپێچکراوان و تاڵان و دەستکەوتەوە هاتنە لای موسا و ئەلعازاری کاهین، کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە ئۆردوگاکە لە دەشتی مۆئاب کە لەسەر ڕووباری ئوردون بوو بەرامبەر ئەریحا.

[١٣]موسا و ئەلعازاری کاهین و هەموو ڕابەرانی کۆمەڵ بۆ پێشوازییان چوونە دەرەوەی ئۆردوگاکە. [١٤]بەڵام موسا لە سەرکردەکانی سوپا تووڕە بوو، کە فەرماندەکانی هەزاران و سەدان بوون و لە جەنگەوە هاتبوونەوە.

[١٥]موسا لێی پرسین: «ئایا هەموو ئافرەتێکتان بە زیندوویی هێشتووەتەوە؟ [١٦]ئەوانە بوون بە قسەی بەلعامیان کرد و بوونە هۆی ناپاکی نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ یەزدان لە کێشەکەی پەعۆر، جا دەرد لەناو کۆمەڵی یەزدان بڵاو بووەوە. [١٧]ئێستاش هەموو منداڵە نێرینەکان بکوژن لەگەڵ هەر ژنێك کە لەگەڵ نێر جووت بووە، [١٨]بەڵام هەموو ئەو کچانەی لەگەڵ پیاو جووت نەبوون بۆ خۆتان بە زیندوویی بیانهێڵنەوە.

[١٩]«ئێوەش حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە چادر هەڵبدەن و خۆتان پاك بکەنەوە، هەرکەسێك یەکێکی کوشتووە یان دەستی لە کوژراوێك داوە، با لە ڕۆژی سێیەم و حەوتەم خۆی پاك بکاتەوە، ئێوە و ڕاپێچکراوانتان. [٢٠]هەروەها هەر بەرگێك یان شتێك لە پێست یان لە مووی بزن دروستکرابێت و هەر شتێك لە دار دروستکرابێت، پاکی دەکەنەوە.»

[٢١]ئەلعازاری کاهینیش بە پیاوانی سوپاکەی گوت کە چووبوون بۆ جەنگ: «ئەمە فەرزی فێرکردنەکەیە کە یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، [٢٢]زێڕ و زیو و بڕۆنز و ئاسن و تەنەکە و قورقوشم، [٢٣]هەموو ئەو شتانەی بەرگەی ئاگر دەگرێت، بەناو ئاگردا تێپەڕی دەکەن و پاشان بە ئاوی پاککردنەوە خاوێن دەبێتەوە. هەموو ئەو شتانەش کە بەرگەی ئاگر ناگرێت، ئەوا بەناو ئاودا تێپەڕی دەکەن. [٢٤]لە ڕۆژی حەوتەمیش جلەکانتان دەشۆن و ئێوە پاك دەبنەوە، ئینجا دێنەوە ناو ئۆردوگاکە.»

## دابەشکردنی تاڵان

[٢٥]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢٦]«تۆ و ئەلعازاری کاهین و گەورەی بنەماڵەکانی کۆمەڵ تاڵانە ڕاپێچکراوەکە لە خەڵك و لە ئاژەڵ بژمێرن. [٢٧]تاڵانییەکە بە یەکسانی دابەش بکە لەنێوان ئەو سەربازانەی کە لە جەنگ بەشداریان کرد و هەروەها هەموو کۆمەڵ. [٢٨]بەشی یەزدانیش دەربهێنە لە بەشی ئەوانەی بەشدارییان لە جەنگ کردووە، یەك لە پێنج سەدی خەڵك و گاوگۆتاڵ[a] و گوێدرێژ. [٢٩]لە نیوەکەی ئەوان وەریدەگرن و دەیدەنە ئەلعازاری کاهین، بەخشینی بەرزکراوەیە بۆ یەزدان. [٣٠]لە نیوەکەی نەوەی ئیسرائیلیش یەك لە پەنجا لە خەڵك و گاوگۆتاڵ و گوێدرێژ و مەڕ یان لە هەر ئاژەڵێکی دیکە دەبەیت و دەیدەیتە لێڤییەکان کە بەرپرسیارن لە بایەخدان بە چادری پەرستنی یەزدان.» [٣١]جا موسا و ئەلعازاری کاهین وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، ئاوایان کرد.

[٣٢]کۆی تاڵانییەکەش کە دەستکەوتی پیاوانی سوپاکە بوو، شەش سەد و حەفتا و پێنج هەزار مەڕ و [٣٣]حەفتا و دوو هەزار مانگا و [٣٤]شەست و یەك هەزار گوێدرێژ بوون، [٣٥]لە مرۆڤیش لەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ پیاو جووت نەبووبوون سی و دوو هەزار کەس بوون.

[٣٦]جا نیوەکەی کە بەشی ئەوانە بوو بۆ جەنگ چووبوون:

سێ سەد و سی و حەوت هەزار و پێنج سەد مەڕ

[a] ٢٨ گاوگۆتاڵ: بە واتای ئاژەڵی بچووك و ئاژەڵی گەورە دێت.

بوو، [٣٧]بەشی یەزدانیش لە مەڕەکان شەش سەد و حەفتا و پێنج بوو،
[٣٨]مانگاکانیش سی و شەش هەزار بوو و بەشی یەزدانیش حەفتا و دوو بوو،
[٣٩]گوێدرێژیش سی هەزار و پێنج سەد بوو، بەشی یەزدانیش شەست و یەك بوو.
[٤٠]مرۆڤیش شازدە هەزار بوو، بەشی یەزدانیش سی و دوو بوو.

[٤١]جا بەشەکە کە بەخشینی بەرزکراوە بوو بۆ یەزدان، موسا دایە ئەلعازاری کاهین، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.
[٤٢]بەڵام نیوەکەی ئیسرائیل کە موسا لە پیاوانی سوپاکەی جیا کردبووەوە، [٤٣]نیوەکەی کۆمەڵ سێ سەد و سی و حەوت هەزار و پێنج سەد مەڕ بوو، [٤٤]مانگاش سی و شەش هەزار بوو، [٤٥]گوێدرێژیش سی هەزار و پێنج سەد بوو، [٤٦]لە مرۆڤیش شازدە هەزار بوو. [٤٧]جا موسا لە نیوەکەی نەوەی ئیسرائیل یەك لە پەنجای خەڵك و ئاژەڵی برد و دایە لێڤییەکان کە بەرپرسیار بوون لە بایەخدان بە چادری پەرستنی یەزدان، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد.
[٤٨]ئینجا سەرکردەی یەکەکانی سوپاکە هاتنە پێش بۆ لای موسا، فەرماندەکانی هەزاران و سەدان، [٤٩]بە موسایان گوت: «ئێمەی خزمەتکارانت ژمارەی ئەو پیاوانەی جەنگمان وەرگرت کە لەژێر فەرمانمان بوون و کەسمان لەدەست نەداوە، [٥٠]ئەوەتا قوربانی یەزدانمان پێشکەش کرد، هەریەکە هەرچی کەلوپەلی زێڕی دەست کەوتووە لە خرخاڵ و بازن و ئەنگوستیلە و گوارە و ملوانکە، بۆ کەفارەتکردن بۆمان لەبەردەم یەزدان.»
[٥١]جا موسا و ئەلعازاری کاهین هەموو کەلوپەلێکی لە زێڕ دروستکراویان لێ وەرگرتن. [٥٢]هەموو زێڕەکەی بەخشینی بەرزکراوە کە لەلایەن فەرماندەکانی هەزاران و سەدان بۆ یەزدان بەرز کرایەوە، شازدە هەزار و حەوت سەد و پەنجا شاقل بوو. [٥٣]بەڵام پیاوانی سوپاکە ئەوەی دەستیان کەوتبوو بۆ خۆیان بوو. [٥٤]جا موسا و ئەلعازاری کاهین زێڕەکەیان لە فەرماندەکانی هەزاران و سەدان وەرگرت و هێنایانە ناو چادری چاوپێکەوتنەوە، وەك یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم یەزدان.

## هۆزەکانی ئەوبەری ڕووباری ئوردون

٣٢ بەڵام نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد گاوگۆتاڵی زۆریان هەبوو، کاتێك بینییان خاکی یەعزێر و خاکی گلعاد شوێنی مەڕوماڵاتە، [٢]ئیتر نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبێن هاتن، لەگەڵ موسا و ئەلعازاری کاهین و ڕابەرەکانی کۆمەڵدا دوان و گوتیان: [٣]«عەتەرۆت و دیڤۆن و یەعزێر و نیمرا و حەشبۆن و ئەلعالێ و سەڤام و نەبۆ و بەعۆن، [٤]ئەو خاکەی یەزدان لەبەردەم کۆمەڵی ئیسرائیل بەزاندی، ئەوە خاکی مەڕوماڵاتە و خزمەتکارەکانیشت مەڕوماڵاتیان هەیە.» [٥]هەروەها گوتیان: «ئەگەر لەبەرچاوت پەسەندین، با ئەو خاکە بدرێت بە خزمەتکارەکانت و ببێت بە موڵکمان و لە ڕووباری ئوردون مەمانپەڕێنەوە.»
[٦]موساش بە نەوەی گاد و ڕەئوبێنی گوت: «ئایا دەبێت براکانتان بۆ جەنگ بڕۆن و ئێوەش لێرە دانیشن؟ [٧]بۆچی دڵی نەوەی ئیسرائیل سارد دەکەنەوە لە پەڕینەوەیان بۆ ئەو خاکەی یەزدان پێیداون؟ [٨]باوکانتان ئاوایان کرد کاتێك لە قادێش بەرنێعەوە ئەوانم نارد هەتا تەماشای خاکەکە بکەن، [٩]بە دۆڵی ئەشکۆڵدا سەرکەوتن و تەماشای خاکەکەیان کرد و دڵی نەوەی ئیسرائیلیان سارد کردەوە لە چوونە ناو ئەو خاکەی یەزدان پێیداون. [١٠]لەو ڕۆژەدا تووڕەیی یەزدان جۆشا و سوێندی خوارد و فەرمووی: [١١]”ئەو خەڵکەی کە لە میسر هاتنە دەرەوە، لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە، ناچنە ناو ئەو خاکەی سوێندم لەسەری خوارد بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، چونکە بە هەموو دڵیانەوە دوام نەکەوتن، [١٢]تەنها کالێبی کوڕی یەفونەی قەنیزی و یەشوعی کوڕی نون نەبێت، چونکە بە هەموو دڵیانەوە دوای یەزدان کەوتن.“ [١٣]تووڕەیی یەزدان بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا و چل ساڵ لە چۆڵەوانی

وێڵی کردن، هەتا هەموو ئەو نەوەیە لەناوچوون کە لەبەرچاوی یەزدان خراپەیان کرد.

[١٤]«ئەوەتا ئێوەش لە جیاتی باوکانتان هەستاون، کۆمەڵە خەڵکێکی گوناهبارن، هەتا کوڵی تووڕەیی یەزدان لەسەر ئیسرائیل زیاتر بکەن. [١٥]ئەگەر لێی هەڵگەڕێنەوە، ئەوا دیسان لەم چۆڵەوانییە وازیان لێ دەهێنێت، ئیتر دەبنە هۆی لەناوچوونی هەموو ئەم گەلە.»

[١٦]ئەوانیش لێی هاتنە پێش و گوتیان: «لێرە پشتیر[a] بۆ ماڵاتەکانمان و چەند شارێك بۆ ژن و منداڵەکانمان بنیاد دەنێین، [١٧]بەڵام خۆمان چەك هەڵدەگرین و بە خێرایی پێش نەوەی ئیسرائیل دەکەوین هەتا دەیانبەینە شوێنەکەیان. هەروەها ژن و منداڵەکانیشمان لەبەر دانیشتووانی ئەم خاکە لە شاری قەڵابەند دەبن. [١٨]ناگەڕێینەوە ماڵەکانمان هەتا نەوەی ئیسرائیل هەریەکە میراتگری میراتەکەی خۆی نەبێت، [١٩]ئێمە لە پشتی ڕووباری ئوردون و بەو لاوە میراتمان لەگەڵیان نابێت، چونکە میراتی خۆمان لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون وەرگرت.»

[٢٠]موساش پێی گوتن: «ئەگەر ئەمەتان کرد، ئەگەر لەبەردەم یەزدان چەکتان بۆ جەنگ هەڵگرت و [٢١]هەموو چەکدارەکانتان لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە، هەتا هەموو دوژمنەکانی لەبەردەمی خۆی دەرکرد و [٢٢]خاکەکە لەبەردەم یەزدان ژێردەستە کرا و لەدوای ئەمە گەڕانەوە، ئەوا سەبارەت بە یەزدان و بە ئیسرائیل ئازاد دەبن لە پابەندییەکەتان و لەبەردەم یەزدان ئەم خاکە دەبێتە موڵکتان.

[٢٣]«بەڵام ئەگەر وا نەکەن، ئەوا گوناه لە دژی یەزدان دەکەن و دەزانن خۆتان تووشی چ گوناهێك دەکەن. [٢٤]بۆ خۆتان چەند شارێك بۆ ژن و منداڵەکانتان و پشتیر بۆ ماڵاتەکانتان بنیاد بنێن، ئەوەی بەڵێنتان دا بیکەن.»

[٢٥]نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبێن لەگەڵ موسادا دوان و گوتیان: «خزمەتکارەکانت ئاوا دەکەن، وەك گەورەم فەرمانی دا، [٢٦]ژن و منداڵ و گاوگۆتاڵەکانمان لەوێ لە شارەکانی گلعاد دەبن. [٢٧]بەڵام خزمەتکارەکانت، هەموو چەك هەڵگرەکان لەبەردەم یەزدان بۆ جەنگ دەپەڕنەوە، وەك گەورەمان گوتی.»

[٢٨]موساش لەبارەی ئەوانەوە فەرمانی بە ئەلعازاری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و گەورەی بنەماڵەکانی هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل کرد و [٢٩]پێی گوتن: «ئەگەر نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبێن، هەموو چەك هەڵگرەکان بۆ جەنگ، لەبەردەم یەزدان لەگەڵتان لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە. کاتێك خاکەکە کەوتە ژێر دەستتان، ئەوا خاکی گلعادیان وەك موڵك پێدەدەن. [٣٠]بەڵام ئەگەر بە چەکەوە لەگەڵتان نەپەڕینەوە، ئەوا لەنێوتان لە خاکی کەنعان موڵکیان دەبێت.»

[٣١]نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبێن وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «ئەوەی یەزدان سەبارەت بە خزمەتکارەکانت فەرمووی، ئاوا دەکەین. [٣٢]ئێمە بە چەکەوە لەبەردەم یەزدان بۆ خاکی کەنعان دەپەڕینەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بەشە میراتمان دەدرێتێ.»

[٣٣]ئینجا موسا پاشایەتییەکەی سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان و پاشایەتییەکەی عۆگی پاشای باشان، تەواوی خاکەکە لەگەڵ شارەکانی و بە سنوورەکانی دەوروبەریەوە دایە نەوەی گاد و نەوەی ڕەئوبێن و نیوەی هۆزی مەنەشەی[b] کوڕی یوسف.

[٣٤]نەوەی گاد دیڤۆن و عەتەرۆت، عەرۆعێر، [٣٥]عەترۆت شۆفان، یەعزێر، یۆگبەها، [٣٦]بێت‌نیمرا و بێت‌هارانیان کردە شاری قەڵابەند، پشتیری مەڕیشیان بنیاد نا، [٣٧]نەوەی ڕەئوبێنیش حەشبۆن و ئەلعالێ و قیریاتەیم و [٣٨]نەبۆ و بەعلمەعۆن کە ناوەکەیان گۆڕیوە و هەروەها سیڤما، ناویشیان لەو شارانە نا کە بنیادیان ناوە.

[٣٩]نەوەی ماکیری کوڕی مەنەشەش چوونە گلعاد و گرتیان، ئەو ئەمورییانەیان دەرکرد کە تێیدا بوون. [٤٠]ئینجا موساش گلعادی دا بە ماکیرییەکان، کە

[a] ١٦ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

[b] ٣٣ هۆزی مەنەشە دابەش ببوون بۆ سەر دوو بەش، هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی ڕووباری ئوردون.

نەوەی مەنەشەن، ئەوانیش تێیدا نیشتەجێ بوون. ٤١یائیری نەوەی مەنەشەش چوو و دەستی بەسەر ئاوەدانییەکانیاندا گرت و ناوی لێنان حەڤۆت یائیر. ٤٢نۆڤەحیش چوو و دەستی بەسەر قەنات و ئاوەدانییەکانیدا گرت و بە ناوی خۆیەوە ناوی لێنا نۆڤەح.

## کۆچەکانی نەوەی ئیسرائیل

٣٣ ئەمانە قۆناغەکانی کۆچی نەوەی ئیسرائیلن کە بە لەشکرەکانیانەوە لەسەر دەستی موسا و هارون لە خاکی میسرەوە هاتنە دەرەوە. ٢موساش بەپێی فەرمانی یەزدان قۆناغی کۆچەکانیانی تۆمار کرد. ئەمەش کۆچەکانیانە، قۆناغ بە قۆناغ:

٣لە ڕۆژی پازدەی مانگی یەك، لە ڕۆژی دوای جەژنی پەسخە لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد. نەوەی ئیسرائیل بوێرانە لەبەرچاوی هەموو میسرییەکان چوونە دەرەوە. ٤لەو کاتەدا میسرییەکان هەموو نۆبەرەکانی خۆیانیان دەناشت کە یەزدان لێیدابوون، چونکە یەزدان حوکمی خوداوەندەکانی ئەوانی دابوو.

٥نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد و لە سوکۆت چادریان هەڵدا.

٦ئینجا لە سوکۆتەوە کۆچیان کرد و لە ئێتام چادریان هەڵدا کە لە قەراغی چۆڵەوانییە.

٧پاشان لە ئێتامەوە کۆچیان کرد و گەڕانەوە لای پی‌هەحیرۆت، کە لە ڕۆژهەڵاتی بەعل‌چیفۆنە و بەرامبەر مگدۆل چادریان هەڵدا.

٨پاشان لە پی‌هەحیرۆتەوە کۆچیان کرد و بەناو دەریادا پەڕینەوە بۆ چۆڵەوانی و سێ ڕۆژە ڕێ لە چۆڵەوانی ئێتامدا ڕۆیشتن، لە مارا چادریان هەڵدا.

٩پاشان لە ماراوە کۆچیان کرد و هاتنە ئێلیم، لە ئێلیمیش دوازدە کانیاو و حەفتا دار خورمای لێبوو، لەوێ چادریان هەڵدا.

١٠پاشان لە ئێلیمەوە کۆچیان کرد و لەلای دەریای سوور چادریان هەڵدا.

١١پاشان لەلای دەریای سوورەوە کۆچیان کرد و لە چۆڵەوانی سین[a] چادریان هەڵدا.

١٢پاشان لە چۆڵەوانی سینەوە کۆچیان کرد و لە دۆفقە چادریان هەڵدا.

١٣پاشان لە دۆفقەوە کۆچیان کرد و لە ئالوش چادریان هەڵدا.

١٤پاشان لە ئالوشەوە کۆچیان کرد و لە ڕەفیدیم چادریان هەڵدا، لەوێ هیچ ئاو نەبوو تاکو گەل بیخۆنەوە.

١٥پاشان لە ڕەفیدیمەوە کۆچیان کرد و لە چۆڵەوانی سینا چادریان هەڵدا.

١٦پاشان لە چۆڵەوانی سیناوە کۆچیان کرد و لە قیبرۆت هەتەڤا چادریان هەڵدا.

١٧پاشان لە قیبرۆت هەتەڤایەوە کۆچیان کرد و لە حەچێرۆت چادریان هەڵدا.

١٨پاشان لە حەچێرۆتەوە کۆچیان کرد و لە ڕیتمە چادریان هەڵدا.

١٩پاشان لە ڕیتمەوە کۆچیان کرد و لە ڕیمۆن پێرێز چادریان هەڵدا.

٢٠پاشان لە ڕیمۆن پێرێزەوە کۆچیان کرد و لە لیڤنا چادریان هەڵدا.

٢١پاشان لە لیڤناوە کۆچیان کرد و لە ڕیسە چادریان هەڵدا.

٢٢پاشان لە ڕیسەوە کۆچیان کرد و لە قەهێلاتە چادریان هەڵدا.

٢٣پاشان لە قەهێلاتەیەوە کۆچیان کرد و لە کێوی شافەر چادریان هەڵدا.

٢٤پاشان لە کێوی شافەرەوە کۆچیان کرد و لە حەرادە چادریان هەڵدا.

٢٥پاشان لە حەرادەوە کۆچیان کرد و لە مەقهێلۆت چادریان هەڵدا.

[a] ١١ لە ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی سینا چۆڵەوانییەك هەبوو بە ناوی سین.

[٢٦]پاشان لە مەقهێلۆتەوە کۆچیان کرد و لە تاحەت چادریان هەڵدا.
[٢٧]پاشان لە تاحەتەوە کۆچیان کرد و لە تارەح چادریان هەڵدا.
[٢٨]پاشان لە تارەحەوە کۆچیان کرد و لە میتقە چادریان هەڵدا.
[٢٩]پاشان لە میتقەوە کۆچیان کرد و لە حەشمۆنە چادریان هەڵدا.
[٣٠]پاشان لە حەشمۆنەوە کۆچیان کرد و لە مۆسێرۆت چادریان هەڵدا.
[٣١]پاشان لە مۆسێرۆتەوە کۆچیان کرد و لە بەنێ یەعقان چادریان هەڵدا.
[٣٢]پاشان لە بەنێ یەعقانەوە کۆچیان کرد و لە حۆر هەگیدگاد چادریان هەڵدا.
[٣٣]پاشان لە حۆر هەگیدگادەوە کۆچیان کرد و لە یۆتباتە چادریان هەڵدا.
[٣٤]پاشان لە یۆتباتەیەوە کۆچیان کرد و لە عەڤرۆنە چادریان هەڵدا.
[٣٥]پاشان لە عەڤرۆنەیەوە کۆچیان کرد و لە عەچیۆن گەڤەر چادریان هەڵدا.
[٣٦]پاشان لە عەچیۆن گەڤەرەوە کۆچیان کرد و لە چۆڵەوانی چن کە قادێشە چادریان هەڵدا.
[٣٧]پاشان لە قادێشەوە کۆچیان کرد و لە کێوی هۆر چادریان هەڵدا کە لە نزیکی سنووری خاکی ئەدۆمە. [٣٨]لە یەکی مانگی پێنجی چلەمینساڵی هاتنەدەرەوەی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر، هارونی کاهین بەپێی فەرمانی یەزدان بۆ سەر کێوی هۆر سەرکەوت و لەوێ مرد. [٣٩]هارون تەمەنی سەد و بیست و سێ ساڵ بوو کاتێک لە کێوی هۆر مرد.
[٤٠]پاشای عەرادیش کە کەنعانی بوو و لە نەقەب لە خاکی کەنعان نیشتەجێ بوو، هاتنی نەوەی ئیسرائیلی بیست.
[٤١]ئینجا لە کێوی هۆرەوە کۆچیان کرد و لە چەلمۆنا چادریان هەڵدا.
[٤٢]پاشان لە چەلمۆنایەوە کۆچیان کرد و لە پونۆن چادریان هەڵدا.
[٤٣]پاشان لە پونۆنەوە کۆچیان کرد و لە ئۆڤۆت چادریان هەڵدا.
[٤٤]پاشان لە ئۆڤۆتەوە کۆچیان کرد و لە عییی عەڤاریم چادریان هەڵدا، کە لە سنووری مۆئابە.
[٤٥]پاشان لە عییی عەڤاریم کۆچیان کرد و لە دیڤۆن گاد چادریان هەڵدا.
[٤٦]پاشان لە دیڤۆن گادەوە کۆچیان کرد و لە عەلمۆن دیڤلاتایم چادریان هەڵدا.
[٤٧]پاشان لە عەلمۆن دیڤلاتایمەوە کۆچیان کرد و لە زنجیرە چیای عەڤاریم ڕووبەڕووی نەبۆ چادریان هەڵدا.
[٤٨]پاشان لە زنجیرە چیای عەڤاریمەوە کۆچیان کرد و لە دەشتی مۆئاب لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا چادریان هەڵدا، [٤٩]لە کەناری ڕووباری ئوردون لە بێتیەشیمۆتەوە هەتا ئابێل شیتیم لە دەشتی مۆئاب چادریان هەڵدا.

[٥٠]یەزدان لە دەشتی مۆئاب لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا بە موسای فەرموو: [٥١]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: ”کاتێک ئێوە لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە بۆ خاکی کەنعان، [٥٢]هەموو دانیشتووانی خاکەکە لەپێش خۆتان دەردەکەن. هەموو پەیکەرە تاشراو و بتە داڕێژراوەکانیان لەناودەبەن، هەموو نزرگەکانی سەر بەرزاییان[a] تێکدەدەن. [٥٣]خاکەکە داگیر دەکەن و تێیدا نیشتەجێ دەبن، چونکە من خاکەکەم پێداون بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی و [٥٤]خاکەکەش بەگوێرەی خێڵەکانتان بە تیروپشک دابەش دەکەن، میراتی

[a] ٥٢ مەبەست لەو شوێنە بەرزانەیە کە بۆ قوربانیکردن و ڕێوڕەسمی پەرستنی بتەکان بووە.

زۆر بدەنە زۆرەکان و میراتی کەم بدەنە کەمەکان، لەکوێ تیروپشکی بۆ دەرچوو ئەوێ بۆ ئەوە، بەگوێرەی هۆزەکانی باوکانتان میراتگری دەکەن.

[٥٥]«”ئەگەر دانیشتووانی خاکەکەش لەپێش خۆتان دەرنەکەن، ئەوا ئەوانەی دەیانهێڵنەوە دەبنە چقڵ لە چاوتان و دڕك لە کەلەکەتان و لەو خاکەی تێیدا نیشتەجێن تەنگتان پێ هەڵدەچنن، [٥٦]ئینجا بە ئێوەی دەکەم، ئەوەی بەتەمام بەوانی بکەم.“»

## سنوورەکانی کەنعان

٣٤ هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [٢]«فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە و پێیان بڵێ: ”کاتێك ئێوە دەچنە ناو خاکی کەنعانەوە، ئەمە ئەو خاکەیە کە دەبێتە میراتتان، خاکی کەنعان بە سنوورەکانییەوە:

[٣]«”لەلای باشووری ئێوە لە چۆڵەوانی چنەوە لەلای ئەدۆم دەبێت، سنووری باشوورتان لە ڕۆژهەڵات لە کۆتایی دەریای مردووەوە[a] دەستپێدەکات. [٤]هەروەها سنوورەکە لە باشووری هەورازی دووپشکەوە بۆتان دەسووڕێتەوە و بەردەوام دەبێت هەتا چن و لە باشووری قادێش بەرنێعەوە هەتا حەچەر ئەدار دەچێت و تێدەپەڕێت بۆ عەچمۆن، [٥]لە عەچمۆنیش دەسووڕێتەوە و دەگاتە دۆڵی میسر، کۆتاییەکەی لەلای دەریای سپی ناوەڕاست[b] دەبێت.

[٦]«”بەڵام سنووری ڕۆژئاوا، ئەوا دەریای سپی ناوەڕاست[c] دەبێت. ئەمەیە سنووری ڕۆژئاواتان.

[٧]«”بۆ دیاریکردنی سنووری باکوورتان، هێڵێك بکێشن لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە هەتا کێوی هۆر، [٨]هەروەها لە کێوی هۆرەوە هەتا دەروازەی حەمات. پاشان سنوورەکە دەچێت بۆ چەداد، [٩]بەردەوام دەبێت بۆ زیفرۆن و کۆتاییەکەی لە حەچەر عێینان دەبێت. ئەمە دەبێتە سنووری باکوورتان.

[١٠]«”هەروەها سنوور بۆ خۆتان دەکێشن بۆ ڕۆژهەڵات، لە حەچەر عێینانەوە هەتا شەفام. [١١]لە شەفامەوە بەرەو خوارەوە دەچێت هەتا ڕیڤلە لە ڕۆژهەڵاتی عەین. ئینجا سنوورەکە بەرەو خوارەوە دەچێت لە بناری کێوەکانی دەریاچەی جەلیل[d] دەدات بەلای ڕۆژهەڵاتدا، [١٢]پاشان سنوورەکە بە درێژایی کەناری ڕووباری ئوردون بەرەو خوارەوە دەچێت و کۆتاییەکەی لەلای دەریای مردوو دەبێت.

«”ئەم خاکە بە سنوورەکانی و چواردەوریشییەوە بۆ ئێوە دەبێت.“»

[١٣]موساش فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد و گوتی: «ئەمە ئەو خاکەیە کە بە تیروپشك میراتگری دەکەن، کە یەزدان فەرمانی دا بە نۆ هۆز و نیوەکە بدرێت، [١٤]چونکە هۆزی نەوەی ڕەئوبێن بەگوێرەی بنەماڵەکانیان و هۆزی نەوەی گاد بەگوێرەی بنەماڵەکانیان و نیوەی هۆزی مەنەشە میراتی خۆیان وەرگرت. [١٥]دوو هۆز و نیوەکە میراتی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون لەلای ئەریحا بەرەو ڕۆژهەڵات وەرگرت.»

[١٦]هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١٧]«ئەمە ناوی ئەو دوو پیاوەیە کە خاکەکەتان بۆ دابەش دەکەن، ئەلعازاری کاهین و یەشوعی کوڕی نون، [١٨]لە هەر هۆزێکیش ڕابەرێك دەبەن بۆ بەمیراتکردنی خاکەکە. [١٩]ئەمەش ناوی پیاوەکانە:

لە هۆزی یەهودا،
کالێبی کوڕی یەفونە؛
[٢٠]لە هۆزی نەوەی شیمۆن،
شەموئێلی کوڕی عەمیهود؛
[٢١]لە هۆزی بنیامین،
ئەلیدادی کوڕی کیسلۆن؛
[٢٢]لە هۆزی نەوەی دان،
بوقی کوڕی یۆگلیی ڕابەر؛
[٢٣]لە نەوەی یوسف، لە هۆزی نەوەی مەنەشە،

[a] ٣ عیبری: دەریای خوێ.

[b] ٥ لەلای دەریای سپی ناوەڕاستەوە: عیبری: لەلای دەریاوە.

[c] ٦ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: دەریای مەزن، لێرە و لە ئایەتی ٧.

[d] ١١ دەریاچەی جەلیل: عیبری: دەریای کینەرەت. بڕوانە مەتا ٤:١٨.

حەنیێلی کوڕی ئێفۆدی ڕابەر؛
[٢٤] لە نەوەی یوسف، لە هۆزی نەوەی ئەفرایم،
قەموئێلی کوڕی شیفتانی ڕابەر؛
[٢٥] لە هۆزی نەوەی زەبولون،
ئەلیچافانی کوڕی پەرناخی ڕابەر؛
[٢٦] لە هۆزی نەوەی یەساخار،
پەلتیێلی کوڕی عەزانی ڕابەر؛
[٢٧] لە هۆزی نەوەی ئاشێر،
ئەحیهودی کوڕی شەلۆمیی ڕابەر؛
[٢٨] لە هۆزی نەوەی نەفتالی،
پەدەهەئێلی کوڕی عەمیهودی ڕابەر.»

[٢٩] ئەمانە ئەو کەسانەن کە یەزدان فەرمانی پێ کردن، هەتا میراتگیری خاکی کەنعان بۆ نەوەی ئیسرائیل دابەش بکەن.

## چەند شارۆچکەیەك بۆ لێڤییەکان

٣٥ ئینجا یەزدان لە دەشتی مۆئاب لەسەر ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا بە موسای فەرموو: [٢]«فەرمان بە نەوەی ئیسرائیل بکە با لە موڵکی میراتیان چەند شارۆچکەیەك بۆ نیشتەجێبوون و لەوەڕگاش لە چواردەوری شارۆچکەکان بە لێڤییەکان بدەن. [٣]ئینجا شارۆچکەکان بۆ نیشتەجێبوونیان دەبێت و لەوەڕگاکانیش بۆ گاوگۆتاڵ و هەموو مەڕوماڵاتێکی دیکەیان دەبێت.

[٤]«ئەو لەوەڕگایانەش کە دەیدەنە لێڤییەکان، لە شووری شارۆچکەکانەوە بەلای دەرەوە، هەزار باڵ[a] بە چواردەوریدا دەبێت. [٥]لە دەرەوەی شار بەلای ڕۆژهەڵاتدا دوو هەزار باڵ[b] دەژمێرن، بەلای باشووردا دوو هەزار باڵ، بەلای ڕۆژئاوادا دوو هەزار باڵ، بەلای باکووردا دوو هەزار باڵ و شارۆچکەکەش لەناوەڕاست دەبێت. ئەمە دەبێتە لەوەڕگای شارۆچکەکان بۆیان.

## شارەکانی پەناگا

[٦]«شەش لەو شارۆچکانەش کە بە لێڤییەکانی دەدەن دەبنە شاری پەناگا، بۆ ئەوەی هەرکەسێك کەسێك بکوژێت بۆ ئەوێ هەڵبێت. سەرباری ئەمانەش چل و دوو شارۆچکەی دیکە دەدەنە لێڤییەکان. [٧]هەموو ئەو شارۆچکانەی دەیاندەنە لێڤییەکان، چل و هەشت شارۆچکەن بە لەوەڕگاکانیانەوە. [٨]ئەو شارۆچکانەش کە لە موڵکی نەوەی ئیسرائیل دەیدەنە لێڤییەکان، هەریەکە بەگوێرەی میراتی هەر هۆزێك. لەو هۆزانەی کە شارۆچکەیان زۆرە، زۆر وەردەگرن و لەو هۆزانەش کە کەمە، کەم وەردەگرن.»

[٩] هەروەها یەزدان بە موسای فەرموو: [١٠]«لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل بدوێ و پێیان بڵێ: "کاتێك ئێوە لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە بۆ خاکی کەنعان، [١١]چەند شارۆچکەیەك بۆ خۆتان دەستنیشان دەکەن و دەبنە شاری پەناگا، تاکو ئەو کەسەی کە بەبێ ئەنقەست کەسێك بکوژێت بۆ ئەوێ هەڵبێت. [١٢]ئەو شارانە بۆتان دەبنە پەناگا لە دەست خوێنگر، بۆ ئەوەی تۆمەتبارکراو بە کوشتن، نەکوژرێت هەتا لەبەردەم ئەنجومەن دەوەستێت بۆ دادوەری. [١٣]ئەو شەش شارۆچکانەش کە ئێوە دەیدەن دەبنە شاری پەناگا بۆتان. [١٤]سێ لە شارۆچکەکان لەوبەری ڕووباری ئوردون دەدەن و سێ شارۆچکەش لە خاکی کەنعان دەدەن، دەبنە شاری پەناگا، [١٥]بۆ نەوەی ئیسرائیل و نامۆ و ئەوەی لەنێویاندا نیشتەجێیە. ئەم شەش شارە بۆ پەناگا دەبن، هەتا هەرکەسێك کە بەبێ ئەنقەست کەسێك بکوژێت بۆ ئەوێ هەڵبێت.

[١٦]«"ئەگەر یەکێك بە ئامرازێکی ئاسن لە کەسێکی دا و مرد، ئەوا بە بکوژ دادەنرێت، بکوژ دەبێت بکوژرێتەوە. [١٧]ئەگەر کەسێك بەردێکی بە دەستەوە بوو کە بکوژێت و بەو بەردە لە کەسێکی دا و مرد، ئەوا بە بکوژ دادەنرێت، بکوژ دەکوژرێت. [١٨]یان ئەگەر کەسێك هەر شتێکی لە دار دروستکراوی بە دەستەوە بوو کە بکوژێت، لە کەسێکی دیکەی دا، ئەوا بە بکوژ دادەنرێت، بکوژ دەکوژرێت.

[a] ٤ هەزار باڵ: نزیکەی ٤٥٠ مەتر.
[b] ٥ دوو هەزار باڵ: نزیکەی ٩٠٠ مەتر.

[١٩]خوێنگرەکە[a] بکوژ دەکوژێت، هەر کاتێك تووشی بێت دەیکوژێت. [٢٠]یان ئەگەر کەسێك بە ڕقەوە پاڵی بە کەسێکی دیکەوە نا یان بە ئەنقەست شتێکی بۆ هاویشت و مرد، [٢١]یان ئەگەر بە دوژمنایەتییەوە بە مستەکۆڵە لێیدا و مرد، ئەوا دەستدرێژیکەر دەکوژرێت، چونکە بکوژە، خوێنگرە تۆڵەسێنەرەکە هەر کاتێك تووشی بکوژ بێت دەیکوژێت.

[٢٢]«”بەڵام ئەگەر کەسێك لەناکاو پاڵی بە کەسێکی دیکەوە نا بەبێ دوژمنایەتی یان بەبێ ئەنقەست شتێکی بۆ هاویشت، [٢٣]یان بەردێکی بەسەریدا بەردایەوە کە بکوژێت بێ ئەوەی بیبینێت و مرد، ئەگەر چی دوژمنیشی نییە و خراپەی ئەوی ناوێت، [٢٤]ئەوا ئەنجومەن بەگوێرەی ئەم یاسایانە دادوەری لەنێوان تۆمەتبارکراوەکە و خوێنگرە تۆڵەسێنەرەکە دەکات. [٢٥]ئەنجومەن فریای تۆمەتبارکراوەکە دەکەوێت لە دەست خوێنگرە تۆڵەسێنەرەکە، ئەنجومەن دەیگەڕێنێتەوە شاری پەناگای کە بۆ ئەوێ هەڵاتبوو. لەوێ دەمێنێتەوە هەتا سەرۆکی کاهین دەمرێت کە بە زەیتی پیرۆز دەستنیشان کراوە.

[٢٦]«”بەڵام ئەگەر تۆمەتبارکراوەکە لە سنووری شاری پەناگای کە بۆی هەڵاتووە، چووە دەرەوە و [٢٧]خوێنگری تۆڵەسێنەر ئەوی لە دەرەوەی سنووری شاری پەناگا بینییەوە و خوێنگرە تۆڵەسێنەرەکە تۆمەتبارکراوەکەی کوشت، ئەوا مافی تاوانبارکردنی خوێنی نییە، [٢٨]چونکە دەبێت هەتا مردنی سەرۆکی کاهین ئەو کەسە لە شاری پەناگا بێت، بەڵام لەدوای مردنی سەرۆکی کاهین، دەگەڕێتەوە موڵکەکەی خۆی.

[٢٩]«”ئەمە بۆتان دەبێتە فەرزێکی یاسایی بۆ نەوەکانتان لە هەموو نشینگەکانتان.

[٣٠]«”هەرکەسێك یەکێك بکوژێت، ئەوا لەسەر دەمی چەند شایەتێك بە بکوژ دادەنرێت و دەکوژرێت، یەك شایەت بەس نییە بۆ شایەتیدان لەسەر کەسێك بۆ مردن.

[٣١]«”خوێنبایی وەرمەگرە بۆ بکوژێك کە شایانی سزای مردنە، بەڵکو دەبێت بکوژرێت.

[٣٢]«”هەروەها خوێنبایی وەرمەگرن بۆ ئەو کەسەی بۆ شاری پەناگا هەڵبێت، تاوەکو پێش مردنی سەرۆکی کاهین بگەڕێتەوە و لە زەوی خۆی نیشتەجێ بێت.

[٣٣]«”ئەو خاکەی ئێوە تێیدان گڵاوی مەکەن، چونکە خوێن خاك گڵاو دەکات، هیچ شتێك کەفارەتی ئەو خوێنە ناکات کە لە خاکەکە ڕژاوە، تەنها خوێنی خوێنڕێژەکە نەبێت. [٣٤]کەواتە ئەو خاکەی کە ئێوە تێیدا نیشتەجێن و من لەناوەڕاستیدا نیشتەجێم گڵاوی مەکەن، چونکە من کە یەزدانم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا نیشتەجێم.“»

## میراتەکەی کچانی سەلۆفحاد

٣٦ گەورەی بنەماڵەکانی خێڵی نەوەی گلعادی کوڕی ماکیر کوڕی مەنەشە کە لە خێڵەکانی نەوەی یوسفن، هاتنە پێش و لەبەردەم موسا و بەردەم گەورەی بنەماڵەکانی نەوەی ئیسرائیل دوان و [٢]گوتیان: «کاتێك یەزدان فەرمانی بە گەورەم کرد، کە خاکەکە بە میرات بە تیروپشك بداتە نەوەی ئیسرائیل، هەروەها فەرمانی پێ کردیت کە میراتەکەی سەلۆفحادی برامان بدەیتە کچەکانی. [٣]جا ئەگەر گریمان بوونە ژنی پیاوێك لە هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل، ئەوا میراتەکەیان لە میراتی باوکانمان دەبردرێت و دەخرێتە سەر میراتی ئەو هۆزە کە بۆ ئەوان بوون، جا بەشێك لە تیروپشکی میراتەکەمان دەبردرێت. [٤]کاتێك بووەساڵی یۆبیل[b] بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەوا میراتەکەیان

[a] ١٩ خوێنگر: خوێنخوا، نزیکترین پلەی کۆمەڵایەتی کە مافی هەیە داوای تۆڵەی خوێنی بکات.

[b] ٤ ساڵی یۆبیل: یۆبیل وشەیەکی عیبرییە بە واتای بەران دێت، ساڵی یۆبیل ساڵی ئازادکردنی کۆیلە و لێخۆشبوونە لە قەرز، لەو ساڵەدا کە فوو بە قۆچی بەران دەکەن وەك کەڕەنا ئیتر ئەوە ڕاگەیاندنە بۆ گەڕانەوەی هەموو ماڵوموڵکێك بۆ خاوەنەکەی خۆی. بڕوانە لێڤییەکان ٨:٢٥-٥٥.

دەچێتە سەر میراتی ئەو هۆزەی کە بۆیان بوون و لە میراتی هۆزی باوکانمان میراتیان دەبردرێت.»
[٥]جا موسا بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد و گوتی: «هۆزی نەوەی یوسف ڕاستیان گوت. [٦]یەزدان فەرمانی ئەمەی کرد سەبارەت بە کچانی سەلۆفحاد و فەرمووی، ئەوەی ئەوان پێیان خۆشە با شووی پێ بکەن، بە مەرجێك لە خێڵی هۆزی باوکانیان بێت. [٧]میراتی نەوەی ئیسرائیل لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە ناگوازرێتەوە، بەڵکو نەوەی ئیسرائیل هەریەکە پابەندی میراتی هۆزی باوکانی دەبێت. [٨]هەر کچێکیش لە هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل میراتی وەرگرت، ئەوا دەبێتە ژنی یەکێك لە خێڵی هۆزی باوکی، هەتا نەوەی ئیسرائیل هەریەکە ببێتە میراتگری میراتی باوکانی. [٩]هیچ میراتێك لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە ناگوازرێتەوە، بەڵکو هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل هەریەکە پابەندی میراتی خۆی دەبێت.»
[١٠]وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد، کچانی سەلۆفحاد ئاوایان کرد. [١١]مەحلە و تیرزە و حۆگلە و میلکە و نۆعا کە کچانی سەلۆفحادن بوونە ژنی ئامۆزاکانیان؛ [١٢]بوونە ژن لە خێڵەکانی نەوەی مەنەشەی کوڕی یوسف، ئیتر میراتەکەیان لە خێڵ و هۆزی باوکانیان مایەوە.

[١٣]ئەمە ئەو فەرمان و ڕێسایانەیە کە یەزدان فەرمانی بە نەوەی ئیسرائیل کرد، بە دەستی موسا لە دەشتی مۆئاب لەسەر ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا.

# دواوتار

## پێنجەم پەڕتووکی موسا

**کورتە باسێك**

**خودا گەلی خۆی بانگکرد کە بە خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە بەدەنگ ڕزگارییەکەیەوە بێن، لە ناوەڕاستی کەلتورێکی بتپەرست خودای ڕاستەقینە بپەرستن، لە ڕێگای بەرەکەت و دادپەروەری و دڵفراوانی و بێگەردی بەزەییەکەیەوە لەنێو چەندین نەتەوە بژین.**

ئەم پەڕتووکە چەند وتارێك لەخۆ دەگرێت کە لە دەشتی مۆئاب بەر لە چوونە نێو خاکی کەنعان موسا بە سروشی خودا (وەحی) پێشکەشی کرد، لەگەڵ هەندێك یاسای تایبەت و جێنشینکردنی یەشوع لە شوێنی موسا بۆ ڕابەرایەتیکردنی گەلی خودا. موسا لە وتارەکەیدا بە کورتی باسی ئەو ڕووداوانەی کرد کە بەسەر گەلی خودا هاتبوون، هانیدان بۆ باوەڕ بە خودا و پشتبەستن پێی و گوێڕایەڵبوونی، هەروەها بۆ دووبارە خۆتەرخانکردنەوەیان بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی کە خودا بەڵێنی پێیان دابوو، ئینجا ڕابەرایەتی کردن بۆ پەرستن و سوپاسگوزاری خودا. لەدوای ڕاسپاردنی یەشوع وەك جێگرەوەی، موسا سەرکەوتە سەر چیا و بۆ یەکەمین و دوایین جار لە دوورەوە تەماشای خاکی کەنعانی کرد، بەڵام نەیتوانی هەرگیز بچێتە ناوی، ئینجا مرد و نەوەیەکی نوێ هاتە کایەوە. لەدوای مردنی موسا، بە ڕابەرایەتی ڕابەرانی گەل و لە سەرووی ئەوانیشەوە یەشوع هەنگاوێکی نوێ لە مێژووی گەلی جولەکە دەستی پێکرد.

ئەم پەڕتووکە سەبارەت بە هێزی ڕزگارییەخشی خودا و دڵسۆزییەکەی دەدوێت، ئەوەی لە ڕابردووی گەلی جولەکە بکۆڵێتەوە هەتا مردنی موسا دەبینێت چۆن خودا ڕابەرایەتی ئەو گەلەی کردووە لە تاریکترین ڕۆژانی مێژوویان، دڵی پڕکردوون لە هیوا بە داهاتوویەکی باشتر. ئەوەی خودا لە ڕابردوو کردی دەکرێ ئێستاش بیکات، بەڵکو لە هەموو سەردەم و نەوەیەك لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە. لەبەر ئەوە ئەم پەڕتووکە چڕبووەتەوە لەسەر گرنگی باوەڕ بە خودا و بە تەواوی گوێڕایەڵبوونی بۆ ئەوەی خودا پەرجوو (موعجیزە) لە ژیانی باوەڕدارانی بکات. خودا بەرەکەتی خۆی بەسەر ئەوانەدا دەڕێژێت کە لە پێناوی شکۆمەندییەکەیدا کار دەکەن.

### فەرمانی بەڕێکەوتن لە حۆرێڤەوە

١ ئەمە ئەو وتانەیە کە موسا بە نەوەی ئیسرائیلی گوت، لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون، لە دەشتودەر لە عەراڤا[a]، بەرامبەر بە سوف لەنێوان پاران و تۆفەل و لاڤان و حەچێرۆت و دی زاهاڤ. ٢ لە حۆرێڤەوە لەسەر ڕێگای کێوی سێعیر بۆ قادێش بەرنێعە گەشتێکی یازدە ڕۆژە.

٣ لە یەکی مانگی یازدەی ساڵی چلەمین، موسا وەك هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ کردبوو لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دوا. ٤ ئەمە دوای ئەوە بوو کە سیحۆنی پاشای ئەمورییەکانی بەزاند کە لە حەشبۆن فەرمانڕەوا بوو، عۆگی پاشای باشانی شکاند کە لە عەشتارۆت فەرمانڕەوا بوو لە ئەدرەعی.

٥ موسا لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون لە خاکی مۆئابدا دەستی بە ڕوونکردنەوەی ئەم فێرکردنە کرد و گوتی:

٦ یەزدانی پەروەردگارمان لە حۆرێڤ پێی فەرمووین: «ئیتر بەسە! ماوەیەکی زۆرە لەم کێوە دانیشتوون، ٧ ڕووتان وەربگێڕن و کۆچ بکەن و

[a] ١ شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

بڕۆن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ئەمورییەکان و
دەرودراوسێکانی لە عەراڤا و چیا و زوورگەکانی[a]
خۆرئاوا و نەقەب و کەناری دەریای خاکی کەنعان
و لوبنان هەتا ڕووباری گەورە، واتە ڕووباری فورات.
٨بڕوانن ئەوا خاکەکەم لەپێش داناون، بڕۆنە ناوی و
دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرن کە یەزدان سوێندی
بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبی باوباپیرانتان خوارد
بیانداتێ و بۆ نەوەکانیشیان لەدوای خۆیان.»

## دانانی دادوەرەکان

٩لەو کاتەدا لەگەڵتاندا دوام و گوتم، «ناتوانم بە
تەنها بارتان هەڵبگرم، ١٠یەزدانی پەروەردگارتان زۆری
کردوون و ئەوەتا ئەمڕۆ ئێوە وەك ئەستێرەی ئاسمانن
لە زۆریدا. ١١با یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان
هەزار قات زیاترتان بکات و بەرەکەتدارتان بکات،
هەروەك بەڵێنی پێدان، ١٢بەڵام چۆن بە تەنها
قورسایی و بارگرانی و ناکۆکییەکانتان هەڵبگرم؟
١٣لە هۆزەکانتان پیاوی دانا و تێگەیشتوو و ڕێزدار
هەڵبژێرن و لەسەرتان دایاندەنێم.»
١٤ئێوەش وەڵامتان دامەوە و گوتتان، «ئەوەی
گوتت باشە، با بیکەین.»
١٥جا پیاوە گەورەکانی هۆزەکانی ئێوەم برد،
پیاوانی دانا و ڕێزدار، ئەوانم کرد بە سەرۆك
بەسەرتانەوە، کاربەدەست بەسەر هەزاران و سەدان
و پەنجایان و دەیان و کوێخاکان بۆ هۆزەکانتان.
١٦لەو کاتەشدا فەرمانم بە دادوەرەکانتان کرد و
گوتم: «گوێ لە داوا و سکاڵای گەلەکەتان بگرن
و بە ڕاستودروستی دادوەرییان بکەن، جا چ
داواکە لەنێوان دوو ئیسرائیلیدا بێت یان لەنێوان
ئیسرائیلییەك و نامۆیەکدا بێت. ١٧لە دادوەریدا
لایەنگری مەکەن، گوێ لە بچووك بگرن وەك گەورە،
لە کەس مەترسن، دادوەریکردن هی خودایە و ئەو
داوایانەی بۆتان زەحمەت بێت، ئەوا بۆ منی دەهێنن
هەتا گوێم لێی بێت.» ١٨لەو کاتەشدا فەرمانم پێکردن
سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەن.

## سیخوڕی خاکەکە

١٩ئینجا لە حۆرێڤ کۆچمان کرد و ئەو چۆڵەوانییە
مەزنە ترسناکەمان گرتەبەر کە لە ڕێگای ناوچە
شاخاوییەکانی ئەمورییەکان بینیتان، هەروەك
یەزدانی پەروەردگارمان فەرمانی پێ کردین و هاتین
هەتا قادێش بەرنێعە. ٢٠پێم گوتن: «ئەوا هاتنە
ناوچە شاخاوییەکانی ئەمورییەکان کە یەزدانی
پەروەردگارمان پێمان دەدات. ٢١بڕوانن! یەزدانی
پەروەردگارتان خاکەکەی لەبەردەمتان داناوە،
سەربکەون و دەستی بەسەردا بگرن، هەروەك
یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان پێی فەرموون.
مەترسن و ورە بەرمەدەن.»
٢٢جا هەمووتان هاتنە لای من و گوتتان: «با چەند
پیاوێك لەپێش خۆمان بنێرین بۆ ئەوەی سیخوڕیەتی
خاکەکەمان بۆ بکەن و هەواڵی ئەو ڕێگایەمان بۆ
بهێننەوە کە پێیدا دەڕۆین و ئەو شارۆچکانەی بۆی
دەچین.»
٢٣ئەو قسەیەم بەلاوە باش بوو، دوازدە پیاوم لێ
دەرهێنان، لە هەر هۆزێك پیاوێك. ٢٤جا چوون و
سەرکەوتنە سەر ناوچە شاخاوییەکە و هاتنە دۆڵی
ئەشکۆل و سیخوڕییان کرد و ٢٥لەگەڵ دەستیان لە
بەروبوومی خاکەکەیان بۆ هێنانیەوە و هەواڵیان
پێ ڕاگەیاندینەوە و گوتیان: «ئەو خاکەی یەزدانی
پەروەردگارمان پێمان دەدات، باشە.»

## یاخیبوون لە قسەی یەزدان

٢٦بەڵام ئێوە ڕازی نەبوون سەربکەون و لە
فەرمانی یەزدانی پەروەردگارتان یاخی بوون و ٢٧لەناو
چادرەکانتان کەوتنە بۆڵەبۆڵ و گوتتان: «یەزدان ڕقی
لە ئێمەیە لەبەر ئەوە ئێمەی لە خاکی میسر دەرهێنا
هەتا بماندات بە دەستی ئەمورییەکان و لەناومان
ببەن. ٢٨بۆ کوێ سەردەکەوین؟ براکانمان ورەیان
ڕووخاندین و گوتیان: ”گەلێکی لە ئێمە مەزنتر و باڵا

[a] ٧ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەك بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

بەرزترن، شارەکان مەزن و شووراداررن هەتا ئاسمان،
هەروەها لەوێ نەوەی عەناقمان[a] بینی.”»
٢٩منیش پێم گوتن: «مەتۆقن و لێیان مەترسن.
٣٠یەزدانی پەروەردگارتان کە لەپێشتانەوە دەڕوات،
ئەو بۆتان دەجەنگێت، بەگوێرەی هەموو ئەوەی
لەپێش چاوتان لە میسر بۆی کردن، ٣١هەروەها لە
دەشتودەر کە بینیتان چۆن یەزدانی پەروەردگارتان
هەڵیگرتن هەروەك باوك کوڕەکەی هەڵدەگرێت،
لە هەموو ئەو ڕێگایەی گرتتانەبەر هەتا هاتنە ئەم
شوێنە.»
٣٢لەگەڵ ئەوەشدا بڕواتان بە یەزدانی
پەروەردگارتان نەبوو، ٣٣ئەوەی لە ڕێگا لەپێشتانەوە
چوو هەتا شوێنێکتان بۆ بدۆزێتەوە بۆ
چادرهەڵدانتان، لە شەودا لەناو ئاگردا بۆ ئەوەی
ئەو ڕێگایەتان پیشان بدات کە پێیدا دەڕۆن و لە
ڕۆژیشدا لەناو هەور.
٣٤جا یەزدان گوێی لە دەنگی قسەکانتان بوو،
تووڕە بوو و سوێندی خوارد و فەرمووی: ٣٥«هیچ
کەسێك لەم خەڵکە لەم نەوە بەدکارە ئەو خاکە چاکە
نابینێت کە سوێندم خوارد بیدەم بە باوباپیرانتان،
٣٦تەنها کالێبی کوڕی یەفونە نەبێت، ئەو دەیبینێت
و ئەو خاکە دەدەمە ئەو کە پێی لێناوە و دەیدەمە
کوڕەکانیشی، چونکە بە هەموو دڵییەوە بەدوای
یەزدان کەوت.»
٣٧بەهۆی ئێوەوە یەزدان لە منیش تووڕە بوو و
فەرمووی: «تۆش بۆ ئەوێ ناچیت. ٣٨یەشوعی کوڕی
نون کە لەبەردەمت وەستاوە دەچێتە ئەوێ، هانی
بدە، چونکە خاکەکە وەك میرات بۆ ئیسرائیل دابەش
دەکات، ٣٩بەڵام منداڵەکانتان کە گوتتان دەبنە دیل
و کوڕەکانتان ئەوانەی هەتا ئەمڕۆ چاکە و خراپەیان
نەزانیوە، ئەوان دەچنە ئەوێ و دەیدەمە ئەوان و
ئەوان دەستی بەسەردا دەگرن، ٤٠بەڵام ئێوە ڕووتان
وەربگێڕن و کۆچ بکەن بۆ دەشتودەر، لەسەر ڕێگای
دەریای سوور[b].»
٤١جا وەڵامتان دایەوە و بە منتان گوت: «گوناهمان
سەبارەت بە یەزدان کرد، ئێمە دەچین و دەجەنگین
هەروەك یەزدانی پەروەردگارمان فەرمانی بە ئێمە
کردووە.» بۆیە هەریەکەتان خۆی بە چەك و تفاقی
جەنگ بەست، واتانزانی سەرکەوتن بۆ ناوچەی
شاخاوییەکە ئاسانە!
٤٢بەڵام یەزدان پێی فەرمووم، «پێیان بڵێ: ”مەڕۆن
و مەجەنگن، چونکە من لەگەڵتان نابم، نەوەك
لەبەردەم دوژمنتان ببەزن.”»
٤٣جا قسەم لەگەڵ کردن و گوێتان نەگرت،
بەڵکو لە فەرمانی یەزدان یاخی بوون و لووت بەرز
بوون و بۆ ناوچەی شاخاوییەکە سەرکەوتن. ٤٤جا
ئەمورییەکانی دانیشتووی ئەو شاخانە پەلاماریان
دان و دەریانپەڕاندن، هەروەك پوورە هەنگی کێوی
دەیکات و لە سێعیرەوە تێکیان شکاندن هەتا حۆرما.
٤٥ئینجا گەڕانەوە و گریان لەبەردەم یەزدان، بەڵام
یەزدان گوێی لە دەنگتان نەگرت و گوێی بۆ شل
نەکردن. ٤٦ماوەیەکی درێژ لە قادێش دانیشتن بە
قەد ئەو ڕۆژانەی تێیدا مانەوە.

## سوڕانەوە لە دەشتودەر و چۆڵەوانیدا

٢ ئینجا ڕوومان وەرگێڕا و کۆچمان کرد بۆ
دەشتودەر لەسەر ڕێگای دەریای سوور،
هەروەك یەزدان پێی گوتم، ڕۆژانێکی زۆر بە دەوری
ناوچە شاخاوییەکانی سێعیردا سووڕاینەوە.
٢ ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: ٣«بەسە ئیتر
بەدەوری ئەم ناوچە شاخاوییانە مەسووڕێنەوە،
بەرەو باکوور ڕووتان وەربگێڕن و ٤فەرمان بە گەل
بدە و بڵێ: ”ئێوە خەریکن بە سنووری نەوەی
عیسۆی برایانتان تێدەپەڕن کە لە سێعیر نیشتەجێن

---

[a] ٢٨ نەوەی عەناق: خەڵکێکی زەبەلاح بوون و لەبەر توانای جەستەییان لە جەنگدا ترسناك بوون. بڕوانە سەرژمێری ٢٢:١٣.

[b] ٤٠ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ٢٩:١١.

و لێتان دەترسن، بەڵام زۆر ئاگاداربن، ٥هێرشیان
مەکەنە سەر، چونکە شوێن پێیەکتان لە خاکی ئەوان
نادەمێ، چونکە ناوچە شاخاوییەکانی سێعیرم بە
میرات بە عیسۆ داوە. ٦خۆراکیان بە زیو لێ دەکڕن
هەتا بیخۆن و ئاویان بە زیو لێ وەردەگرن هەتا
بیخۆنەوە.“»
٧یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتداری کردوون
لە هەموو کارێکی دەستەکانتان، ڕێ و شوێنتان
دەزانێت لەم چۆڵەوانییە مەزنە، ئەم چل ساڵە
یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵتاندا بووە و لە هیچ
شتێکتان کەم نەبووە.
٨ئینجا بەسەر نەوەی عیسۆی برایانمان تێپەڕین
کە لە چیای سێعیر نیشتەجێن. ڕێگای عەراڤامان
بەجێهێشت کە لە ئێلەت و عەچیۆن گەڤەرەوە
دێت، ئینجا سوڕاینەوە و بە ڕێگای چۆڵەوانی مۆئابدا
ڕۆیشتین.
٩یەزدان پێی فەرمووم: «مۆئاب هەراسان مەکە و
جەنگ لە دژیان بەرپا مەکە، چونکە هیچ بەشێك لە
خاکەکەیان بە میرات بە تۆ نادەم، چونکە عارم بە
میرات بە نەوەی لۆت داوە.»
١٠پێشتر ئێمیەکان[a] تێیدا نیشتەجێ بوون،
گەلێکی بەهێز و زۆر بوون، وەك عەناقییەکان
باڵا بەرز بوون. ١١وەك عەناقییەکان، ئەوانیش بە
ڕفائییەکان ناسراو بوون، بەڵام مۆئابییەکان هەر بە
ئێمیەکان بانگیان دەکردن. ١٢پێشتر حۆرییەکان لە
سێعیر نیشتەجێ بوون، بەڵام نەوەی عیسۆ لەبەردەم
خۆیان دەریانپەڕاندن و لەناویانبردن و لە شوێنیان
نیشتەجێ بوون، وەك ئەوەی ئیسرائیل کردیان بە
خاکی میراتیان کە یەزدان پێیدابوون.
١٣یەزدانیش پێی فەرمووم: «ئێستا هەستن و
لە دۆڵی زەرەد بپەڕنەوە.» ئێمەش لە دۆڵی زەرەد
پەڕینەوە.
١٤لەو کاتەوە کە قادێش بەرنێعمان بەجێهێشت
هەتا لە دۆڵی زەرەد پەڕینەوە سی و هەشت ساڵ
بوو، هەتا هیچ لەو نەوەیە لە پیاوانی جەنگ لەناو
ئۆردوگاکە نەمان، هەروەك یەزدان سوێندی بۆ
خواردن، ١٥یەزدانیش لە دژیان بوو، بۆ لەناوبردنیان
لەناو ئۆردوگاکە هەتا لەناوچوون.
١٦جا کاتێك هەموو پیاوانی جەنگ لەنێو گەل
بە مردن لەناوچوون، ١٧یەزدان پێی فەرمووم: ١٨«تۆ
ئەمڕۆ تێدەپەڕیت لە عار کە لە سنووری مۆئابە،
١٩کاتێك لەلای عەمۆنییەکان نزیك کەوتیتەوە
هەراسانیان مەکە و هێرشیان مەکە سەر، چونکە
هیچت لە خاکی عەمۆنییەکان بە میرات نادەمێ،
چونکە بە میرات بە نەوەی لۆتم داوە.»
٢٠ئەویش بە خاکی ڕفائییەکان دادەنرێت، پێشتر
ڕفائییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام عەمۆنییەکان
بە زەمزومییەکان ناویان دەبردن، ٢١گەلێکی بەهێز و
زۆر بوون و وەك عەناقییەکان باڵا بەرز بوون، بەڵام
یەزدان لەبەردەم عەمۆنییەکاندا لەناوی بردن، جا
دەریانکردن و لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. ٢٢یەزدان
وەك ئەوەی بۆ نەوەی عیسۆی کرد کە لە سێعیردا
نیشتەجێن، کاتێك حۆرییەکانی لە بەرامبەریان
تێکشکاند، جا دەریانکردن و هەتا ئەمڕۆ لە شوێنیان
نیشتەجێن. ٢٣هەروەها عەڤییەکان کە لە گوندەکان
نیشتەجێ بوون هەتا غەزە، کەفتۆرییەکان کە لە
کەفتۆرەوە[b] هاتبوون لەناویانبردن و لە شوێنیان
نیشتەجێ بوون.

## شکاندنی سیحۆن پاشای حەشبۆن

٢٤«هەستن، کۆچ بکەن و لە دەربەندی ئەرنۆن
بپەڕنەوە. بڕوانە، ئەوا سیحۆنی پاشای حەشبۆنی
ئەموری و خاکەکەیم بە دەستتەوە داوە، دەستی
بەسەردا بگرە و لە دژی ئەو جەنگ بەرپا بکە.
٢٥ئەمڕۆ دەستپێدەکەم، ترس و سامت دەخەمە
بەرچاوی ئەو گەلانەی لەژێر هەموو ئاسمانن، ئەوانە
گوێیان لە هەواڵت دەبێت لێت دەترسن و لەبەر تۆ
دەلەرزن.»
٢٦جا نێردراوانم لە چۆڵەوانی قەدێمۆتەوە بۆ لای

[a] ١٠ ئێمیەکان: بڕوانە پەیدابوون ١٤:٥.

[b] ٢٣ کەفتۆر: واتە دوورگەی کریت، کە ئەمڕۆ بەشێك لە وڵاتی یۆنان.

سیحۆنی پاشای حەشبۆن نارد بە وشەی ئاشتییەوە و گوتم: [٢٧]«ڕێمان بدە بە خاکەکەتدا تێپەڕین و تەنها بە ڕێگای سەرەکیدا دەڕۆین، لانادەین نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا، [٢٨]بە زیو خۆراکمان پێ دەفرۆشیت هەتا بیخۆین و بە زیو ئاومان دەدەیتێ هەتا بیخۆینەوە، تەنها بە پێیەکانمان تێدەپەڕین، [٢٩]هەروەك ئەوەی نەوەی عیسۆ کە لە سێعیردا نیشتەجێن و مۆئابییەکان کە لە عاردا نیشتەجێن بۆیان کردووین، هەتا لە ڕووباری ئوردون دەپەڕینەوە بۆ ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارمان پێی بەخشیوین.» [٣٠]بەڵام سیحۆنی پاشای حەشبۆن ڕازی نەبوو ڕێگامان بدات پێیدا بڕۆین، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان وای لێکرد کەللەڕەق بێت و دڵی توند کرد تاکو بیداتە دەستتان، هەروەك چۆن ئەمڕۆ بووە.

[٣١]یەزدان پێی فەرمووم: «بڕوانە، ئەوا دەستم پێکرد سیحۆن و خاکەکەی بدەمە دەستت، ئێستا دەستپێبکە و دەست بەسەر خاکەکەیدا بگرە.»

[٣٢]کاتێك سیحۆن و هەموو سوپاکەی لە یەهەچ بۆ جەنگ لە دژمان هاتنە دەرەوە، [٣٣]یەزدانی پەروەردگارمان ئەوانی دا بە دەستمان و ئێمەش لێمان دان لەگەڵ کوڕەکانی و هەموو سوپاکەی. [٣٤]لەو کاتەدا هەموو شارۆچکەکانیمان گرت و لە هەموو شارۆچکەیەك پیاو و ژن و منداڵمان بە تەواوی قڕکرد[a]، نەمانهێشت کەس دەرباز بێت، [٣٥]بەڵام ئاژەڵە ماڵییەکانمان بۆ خۆمان تاڵان کرد و دەستکەوتی شارۆچکەکانمان برد. [٣٦]لە عەرۆعێرەوە کە لەسەر لێواری دەربەندی ئەرنۆنە و ئەو شارۆچکەیەی لە دۆڵەکەیە هەتا گلعاد، هیچ شارێك نەبوو لەپێشمان بوەستێت، یەزدانی پەروەردگارمان هەمووی دا بە دەستمان، [٣٧]بەڵام لە خاکی عەمۆنییەکان نزیك نەکەوتینەوە، هەموو لایەکی دۆڵی یەبۆق و شارۆچکەکانی ناوچە شاخاوییەکە و هەموو ئەوەی یەزدانی پەروەردگارمان فەرمانی پێدا.

## شکاندنی عۆگ پاشای باشان

٣ ئینجا ڕوومان وەرگێڕا و بە ڕێگای باشاندا سەرکەوتین، جا عۆگی پاشای باشان لەگەڵ هەموو سوپاکەی هاتنە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەمان لە ئەدرەعی. [٢]یەزدانیش پێی فەرمووم، «لێی مەترسە، چونکە خۆی و هەموو سوپاکەی و خاکەکەیم داوەتە دەستت، ئەوەی پێ دەکەیت کە بە سیحۆنی پاشای ئەمورییەکانت کرد کە لە حەشبۆن فەرمانڕەوا بوو.»

[٣]جا یەزدانی پەروەردگارمان، عۆگی پاشای باشان و هەموو سوپاکەی دایە دەستمان و لێماندا و نەمانهێشت کەس دەرباز بێت. [٤]لەو کاتەشدا دەستمان بەسەر هەموو شارەکانیدا گرت، هیچ شارێك لەو شەست شارە نەمایەوە کە لێیان نەستێنین، هەموو هەرێمی ئەرگۆڤ پاشایەتی عۆگ لە باشان، [٥]هەموو ئەو شارانە شوورابەند بوون بە شوورای بەرز و دەروازە و شمشیرە[b] هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەند گوندێکی زۆر شوورایان نەبوو. [٦]جا بە تەواوی قڕمان کرد[c]، وەك ئەوەی بە سیحۆنی پاشای حەشبۆنمان کرد، لە هەموو شارێکدا پیاو و ژن و منداڵەکانمان بە تەواوی قڕکرد. [٧]بەڵام هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان و دەستکەوتی شارەکانیان بۆ خۆمان تاڵان کرد.

[٨]لەو کاتەدا ئەو خاکەی کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون لە دەربەندی ئەرنۆنەوە هەتا چیای حەرمۆنمان لە دەستی ئەم دوو پاشایەی ئەمورییەکان دەرهێنا. [٩]سەیدائییەکان بە حەرمۆن دەڵێن سیریۆن و ئەمورییەکانیش پێی دەڵێن

---

[a] ٣٤ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[b] ٥ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

[c] ٦ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

سنیر. [١٠]هەموو شارۆچکەکانی دەشت و هەموو گلعاد و هەموو باشان هەتا سەلخە و ئەدرەعی، دوو شارەکەی پاشایەتی عۆگ لە باشاندا دەستمان بەسەردا گرت. [١١]عۆگی پاشای باشان بە تەنها مابووەوە لە پاشماوەی ڕفائییەکان، قەرەوێڵەکەی لە ئاسن دروستکرابوو، هەتا ئێستا لە شاری ڕەبەی[a] عەمۆنییەکانە، درێژییەکەی نۆ باڵ[b] و پانییەکەی چوار باڵە[c] بە باڵی پیاو.

## دابەشکردنی خاکەکە

[١٢]لەو کاتەی دەستمان بەسەر ئەو خاکەدا گرت، هەرێمێکم دایە ڕەئوبێنییەکان و گادییەکان، لە سەرووی عەرۆعێرەوە کە لەسەر دەربەندی ئەرنۆنە و نیوەی ناوچە شاخاوییەکانی گلعاد و شارۆچکەکانی لە هەرێمەکەدا بوو. [١٣]ئەوەشی لە گلعاد مایەوە و هەموو باشانی پاشایەتی عۆگ دامە نیوەی هۆزی مەنەشە[d]. هەموو هەرێمی ئەرگۆڤ لەگەڵ هەموو باشان بوو، کە بە خاکی ڕفائییەکان ناودەبردرا. [١٤]یائیری نەوەی مەنەشە دەستی بەسەر هەموو هەرێمی ئەرگۆڤدا گرت هەتا سنووری گەشوورییەکان و مەعکاتییەکان و بە ناوی خۆیەوە ناوی لێنا، هەتا ئەمڕۆش باشان بە حەڤۆت یائیر ناودەبردرێت.

[١٥] گلعادیشم دا بە ماکیر. [١٦]لە گلعادیشەوە هەتا دەربەندی ئەرنۆن ناوەڕاستی دۆڵەکە سنوور بوو، هەتا ڕووباری یەبۆق سنووری عەمۆنییەکان دامە ڕەئوبێنییەکان و گادییەکان. [١٧]عەراڤا و ڕووباری ئوردونیش سنووری ڕۆژئاواییەکەی بوو، لە کینەرەتەوە هەتا دەریای عەراڤا، دەریای مردوو[e]، لەژێر بنارەکانی پسگە.

[١٨]ئەو کاتە فەرمانم پێکردن و گوتم، «یەزدانی پەروەردگارتان ئەم خاکەی پێداون هەتا دەستی بەسەردا بگرن، هەموو پاڵەوانەکان بە چەکەوە لەپێش نەوەی ئیسرائیلی برایانتان دەپەڕنەوە، [١٩]بەڵام ژن و منداڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانتان، زانیومە ئاژەڵی ماڵی زۆرتان هەیە، ئەوا لە شارۆچکەکانتان دەمێننەوە کە پێم داون، [٢٠]هەتا یەزدان براکانیشتان وەك ئێوە بحەسێنێتەوە، ئەوانیش دەست بەسەر ئەو خاکەی پشتی ڕووباری ئوردوندا بگرن کە یەزدانی پەروەردگارتان دەیانداتێ، ئینجا هەرکەسە دەگەڕێتەوە لای موڵکی خۆی کە پێم دان.»

## موسا ناتوانێت لە ڕووباری ئوردون بپەڕێتەوە

[٢١]لەو کاتەشدا فەرمانم بە یەشوع کرد و گوتم، «چاوەکانت هەموو ئەوەیان بینی کە یەزدانی پەروەردگارتان بەم دوو پاشایەی کرد، یەزدان هەمان شت دەکات بە هەموو ئەو پاشایەتییانەی تۆ بۆیان دەپەڕیتەوە. [٢٢]لێیان مەترسن، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان بۆتان دەجەنگێت.»

[٢٣]لەو کاتەدا لە یەزدان پاڕامەوە و گوتم: [٢٤]«ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆ دەستت پێ کرد مەزنی و دەستی بەهێزت بە خزمەتکارەکەت پیشان بدەیت، چونکە چ خودایەك لە ئاسمان و لەسەر زەوی وەك کردەوەکان و تواناکانی تۆ دەکات؟ [٢٥]تکایە لێمگەڕێ با بپەڕمەوە و ئەو خاکە چاکەی لە بەری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردونە، ئەو ناوچە شاخاوییە جوانە و لوبنان، ببینم.»

[٢٦]بەڵام یەزدان بەهۆی ئێوەوە لێم هەڵچوو و گوێی لێ نەگرتم، بەڵکو یەزدان پێی فەرمووم: «بەسە! ئیتر لەبارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵم مەدوێ، [٢٧]سەربکەوە بۆ لووتکەی پسگە و بەرەو ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات سەر بڵند بکە و بە چاوەکانت خاکەکە ببینە، بەڵام لەم ڕووباری ئوردونە

[a] ١١ شاری ڕەبە: ئێستا بە عەمان ناودەبردرێت، پایتەختی وڵاتی ئوردونە.
[b] ١١ نۆ باڵ: نزیکەی ٤ مەتر.
[c] ١١ چوار باڵ: نزیکەی ١,٨ مەتر.
[d] ١٣ هۆزی مەنەشە دابەش ببوون بۆ سەر دوو بەش، هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی ڕووباری ئوردون.
[e] ١٧ دەریای مردوو: عیبری: دەریای خوێ.

مەپەڕەوە، [٢٨]ئەرکیش بە یەشوع بسپێرە و بەهێزی بکە و هانی بدە، چونکە ئەو لەپێش ئەم گەلە دەپەڕێتەوە و ئەو خاکەکەیان بۆ دابەش دەکات کە تۆ دەیبینیت.» [٢٩]جا لە دۆڵەکە بەرامبەر بێتپەعۆر ماینەوە.

## فەرمانەکانی یەزدان بپارێزن

٤ ئێستاش ئەی ئیسرائیل، گوێ لەم فەرز و یاسایانە بگرە کە من فێرتان دەکەم هەتا بەجێی بهێنن و بژین و بچنە ناو ئەو خاکە و دەستی بەسەردا بگرن کە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان دەتانداتێ. [٢]ئەو قسانەی من فەرمانتان پێ دەکەم هیچی لێ زیاد و کەم مەکەن، هەتا فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگارتان بپارێزن کە من فەرمانتان پێ دەکەم.

[٣]چاوەکانتان بینییان یەزدان چی لە بەعلپەعۆردا کرد، هەرچی دوای بەعلی پەعۆر[a] کەوت یەزدانی پەروەردگارتان لەنێوتاندا بە تەواوی لەناوی برد، [٤]بەڵام ئێوە کە خۆتان بە یەزدانی پەروەردگارتانەوە گرتووە ئەوا هەمووتان ئەمڕۆ زیندوون.

[٥]بڕوانە، فەرز و یاساکانم فێرکردن هەروەك یەزدانی پەروەردگارم فەرمانی پێ کردم بۆ ئەوەی ئاوا بکەن لەو خاکەی کە دەچنە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگرن، [٦]ئیتر بیانپارێزن و جێبەجێیان بکەن، چونکە ئەوە دانایی و تێگەیشتوویی ئێوەیە لەبەرچاوی ئەو گەلانەی کە گوێیان لەو هەموو فەرزانە دەبێت و دەڵێن، «ئەم گەلە مەزنە گەلێکی دانا و تێگەیشتوون.» [٧]چونکە چ گەلێکی مەزن هەیە، خوداوەندێکی نزیکی هەبێت وەك یەزدانی پەروەردگارمان لە هەموو داواکارییەکانمان؟ [٨]هەروەها چ گەلێك مەزنە و ئەو فەرز و یاسا ڕاستودروستانەی هەیە وەك ئەو هەموو فێرکردنەی من ئەمڕۆ لەبەردەمتان دایدەنێم؟

[٩]بەڵام ئاگاداربە و باش خۆت بپارێزە هەتا ئەو شتانە لەبیر نەکەیت کە بە چاوەکانت بینیت، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژانی ژیانت لە دڵت دەرنەچێت و منداڵەکانت و منداڵی منداڵەکانتی پێ فێر بکە. [١٠]ئەو ڕۆژەت لە یاد بێت کە لە بەرامبەر یەزدانی پەروەردگارت ڕاوەستایت لە حۆرێڤ، کە یەزدان پێی فەرمووم: «گەلم بۆ کۆبکەرەوە و وشەکانی منیان بخەرە بەر گوێ، هەتا فێر بن هەموو ئەو ڕۆژانەی کە لەسەر زەوی زیندوون لێم بترسن و منداڵەکانیان فێر بکەن.» [١١]ئێوەش هاتنە پێش و لە خوارەوەی کێوەکە ڕاوەستان و کێوەکە هەتا ناو جەرگەی ئاسمان بە ئاگر داگیرسا بوو، بە تاریکی و تەمی چڕ. [١٢]جا یەزدان لەنێو ئاگرەکەوە لەگەڵتاندا دوا و ئێوە گوێتان لە دەنگی وشەکان دەگرت، بەڵام هیچ شێوەیەکی ئەوتان نەبینی، تەنها دەنگ نەبێت. [١٣]ئەویش پەیمانەکەی خۆی پێ ڕاگەیاندن کە فەرمانی پێ کردن کاری پێ بکەن، دە ڕاسپاردەکە کە لەسەر دوو تەختەی بەردی نووسی. [١٤]لەو کاتەدا یەزدان فەرمانی بە منیش کرد، بۆ ئەوەی فەرز و یاساکانتان فێر بکەم هەتا لەو خاکەدا کاری پێ بکەن کە لە ڕووباری ئوردون بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی بەسەردا بگرن.

## قەدەغەکردنی بتپەرستی

[١٥]ئەو ڕۆژەی یەزدان لە حۆرێڤ لەنێو ئاگرەکەوە لەگەڵتاندا دوا، ئێوە هیچ وێنەیەکتان نەبینی، بۆیە باش خۆتان بپارێزن [١٦]نەوەك گەندەڵ بن و پەیکەرێکی تاشراو بۆ خۆتان دروستبکەن، وێنەی نموونەیەك لە شێوەی نێرینەیەك یان مێینەیەك، [١٧]یان لە شێوەی ئاژەڵێك لەوانەی لەسەر زەوین یان لە شێوەی باڵندەیەکی باڵدار لەوانەی لە ئاسمان دەفڕن، [١٨]یان لە شێوەی خشۆکێك لەوانەی لەسەر زەوییە، یان لە شێوەی ماسییەك لەوانەی لەناو ئاو لەژێر زەوی.[b] [١٩]هەروەها نەوەك چاو بۆ ئاسمان بەرز بکەیتەوە و تەماشای خۆر و مانگ و ئەستێرەکان

---

[a] ٣ بەعلی پەعۆر: ناوێکی مۆئابییە بۆ ئەو خوداوەندەی لە کێوی پەعۆر دەیانپەرست. بڕوانە سەرژمێری ٢٥:١-٩.

[b] ١٨ لەژێر زەوی: بەپێی بیروبۆچوونی عیبری دەریایەکی مەزن لەبن زەوی هەبوو.

و هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاسماندا ڕێکخراون بکەیت، کە یەزدانی پەروەردگارت بە هەموو گەلانی داوە کە لەژێر هەموو ئاسمانن[a] و هەڵبخەڵەتێی و کڕنۆشی بۆ ببەیت و بیپەرستیت. [٢٠]یەزدان ئێوەی برد و لە کوورەی ئاسنەوە لە میسرەوە دەریهێنان هەتا وەك ئەمڕۆ ببنە گەلی میراتی ئەو.

[٢١]بەهۆی ئێوەشەوە یەزدان لێم تووڕە بوو و سوێندی خوارد کە من لە ڕووباری ئوردون ناپەڕمەوە و ناچمە ناو خاکە باشەکەی کە یەزدانی پەروەردگارت وەك میرات پێتان دەدات، [٢٢]جا من لەم خاکەدا دەمرم و لە ڕووباری ئوردون ناپەڕمەوە، بەڵام ئێوە دەپەڕنەوە و دەست بەسەر ئەو زەوییە باشە دەگرن. [٢٣]ئاگاداربن، نەوەك پەیمانی یەزدانی پەروەردگارتان لەبیر بکەن کە لەگەڵ ئێوەی بەست و پەیکەرێکی تاشراو بۆ خۆتان دروستبکەن کە لە وێنەی هەر شتێك لەوانەی یەزدانی پەروەردگارتان لێی قەدەغە کردن، [٢٤]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان ئاگرێکی بێ ئامانە، خودایەکی ئیرەدارە[b].

[٢٥]ئەگەر منداڵ و منداڵی منداڵتان بوو و کاتتان درێژەی کێشا لە خاکەکەدا و گەندەڵ بوون و پەیکەری تاشراوتان دروستکرد، وێنەی هەر شتێك و خراپەتان کرد لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگارتان و پەستتان کرد، [٢٦]ئەمڕۆ ئاسمان و زەوی دەکەم بە شایەتی بەسەرتانەوە کە ئێوە بە خێرایی لەناودەچن لەو خاکەی لە ڕووباری ئوردونەوە بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی بەسەردا بگرن، درێژە بە ڕۆژانتان نادەن لەسەری و بێگومان لەناودەچن. [٢٧]یەزدان پەرشوبڵاوتان دەکاتەوە لەنێو گەلاندا، جا ژمارەیەکی کەمتان لێ دەمێنێتەوە لەنێو ئەو نەتەوانەی یەزدان دەتانباتە ناویان، [٢٨]لەوێ بت دەپەرستن دروستکراوی دەستی خەڵکە لە دار و لە بەرد کە نابینن و نابیستن و ناخۆن و بۆن ناکەن. [٢٩]بەڵام ئەگەر لەوێوە ڕووتان لە یەزدان کرد، خودای خۆتان، ئەوا بۆتان دەردەکەوێت، ئەگەر بە هەموو دڵ و لە ناخەوە بەدوایدا گەڕان. [٣٠]کاتێك تەنگانەتان هاتە سەر و لە ڕۆژانی دواتر کە هەموو ئەو شتانەتان بەسەرهات، ئەوا بۆ لای یەزدانی پەروەردگارتان دەگەڕێنەوە و گوێڕایەڵی ئەو دەبن، [٣١]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان خودایەکی بە بەزەییە، بەجێتان ناهێڵێت و لەناوتان نابات و پەیمانی باوباپیرانتان لەبیر ناکات کە سوێندی بۆیان خوارد.

## یەزدان خۆی خودایە

[٣٢]جا سەبارەت بە ڕۆژانی پێشوو پرسیار بکە کە پێش تۆ بووە، لەو ڕۆژەوەی خودا مرۆڤی لەسەر زەوی بەدیهێنا و لەمپەڕی ئاسمان هەتا ئەوپەڕی، ئایا وەك ئەم شتە مەزنە یان هاوتای بیستراوە؟ [٣٣]ئایا هیچ گەلێك گوێیان لە دەنگی خودا بووە لەنێو ئاگرەوە قسە بکات، وەك تۆ گوێت لێ بوو و ژیابێت؟ [٣٤]ئایا هیچ خودایەك هەیە کە هەوڵی دابێت بە تاقیکردنەوە و بە نیشانە و پەرجوو[c]، بە جەنگ و دەستێکی پۆڵایین، بە بازوویەکی بەهێز و کاری سامناك، نەتەوەیەك لەنێو نەتەوەیەکی دیکەدا بۆ خۆی تەرخان بکات، وەك هەموو ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان لەبەرچاوتان لە میسر بۆ ئێوەی کرد؟

[٣٥]ئەم شتانەت پیشان درا بۆ ئەوەی بزانیت کە یەزدان خۆی خودایە، بێجگە لەو یەکێکی دیکە نییە. [٣٦]لە ئاسمانەوە بەم جۆرەی کرد گوێبیستی بن، تاکو تەمبێت بکات، لەسەر زەویش ئاگری مەزنی خۆی پیشان دایت و لەنێو ئاگرەوە گوێت لە وشەکانی بوو، [٣٧]هەروەها لەبەر ئەوەی باوباپیرانی تۆی خۆشویست و نەوەی ئەوانی هەڵبژارد لە دوایان، بە ئامادەبوونی خۆی و بە هێزە مەزنەکەی خۆی تۆی لە میسرەوە دەرهێنا، [٣٨]بۆ ئەوەی گەلی مەزنتر و بەهێزتر لە خۆت لەبەردەمت دەربکات و بتهێنێت و وەك ئەمڕۆ خاکەکەیانت وەك میرات بداتێ.

[٣٩]جا ئەمڕۆ بزانە و لە دڵەوە لێی وردببنەوە، یەزدان خۆی خودایە لە ئاسمان لە سەرەوە و لەسەر

[a] ١٩ لەژێر هەموو ئاسمانن: واتە هەموو گەلانی جیهان.
[b] ٢٤ واتای حەسوود، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

[c] ٣٤ پەرجوو: موعجیزە.

زەوی لە خوارەوە و کەسی دیکە نییە، [٤٠]فەرزەکان و فەرمانەکانی بەجێبهێنە کە من ئەمڕۆ فەرمانت پێدەدەم، هەتا چاکە لەگەڵ خۆت و منداڵەکانت بکات لەدوای خۆت و تەمەن درێژ بیت لەسەر ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارت بۆ هەتاهەتایە پێت دەدات.

## شارە پەناگاکان

[٤١]ئیتر موسا لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون سێ شاری جیا کردەوە، [٤٢]بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە بەبێ ئەنقەست دراوسێکەی خۆی دەکوژێت بۆ ئەوێ ڕابکات، کە پێشتر ڕقی لێی نەبووەتەوە، جا بۆ یەکێك لەو شارانە هەڵدێت و دەژیێت. [٤٣]ئەمە ئەو شارانە بوون: شاری بەچەر لە دەشتودەر لە زەوی دەشتایی بۆ ڕەئوبێنییەکان و ڕامۆت لە گلعاد بۆ گادییەکان و گۆلان لە باشان بۆ مەنەشەییەکان.

## پێشەکی فێرکردنەکان

[٤٤]ئەمەش ئەو فێرکردنەیە کە موسا لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا داینا. [٤٥]ئەمە ئەو یاسا و فەرز و حوکمانەیە کە موسا بە نەوەی ئیسرائیلی گوت کاتێك لە میسر هاتنە دەرەوە، [٤٦]لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون لە دۆڵەکە بەرامبەر بێتپەعۆر لە خاکی سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان کە لە حەشبۆن فەرمانڕەوا بوو، ئەوەی موسا و نەوەی ئیسرائیل شکاندیان لە کاتی هاتنەدەرەوەیان لە میسر. [٤٧]دەستیان بەسەر خاکەکەیدا گرت لەگەڵ خاکی عۆگی پاشای باشان، هەردوو پاشاکەی ئەمورییەکان کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بوون. [٤٨]لە عەرۆعێرەوە کە لەسەر لێواری دەربەندی ئەرنۆنە هەتا چیای سیۆن[a] کە حەرمۆنە، [٤٩]هەروەها هەموو عەراڤا لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردونەوە هەتا دەریای مردوو[b] لەژێر بنارەکانی پسگە.

## دە ڕاسپاردەکە

٥ موسا هەموو ئیسرائیلی بانگکرد و پێی گوتن: ئەی نەوەی ئیسرائیل، گوێ لەو فەرز و یاسایانە بگرن کە ئەمڕۆ دەیخوێنمەوە و گوێتان لێیە و فێری بن و ئاگاداربن هەتا کاری پێ بکەن. [٢]یەزدانی پەروەردگارمان پەیمانێکی لە حۆرێڤ لەگەڵ بەستین، [٣]ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانمان نەبەست، بەڵکو لەگەڵ ئێمە کە ئەمڕۆ لێرەین و هەموومان زیندووین. [٤]یەزدان ڕووبەڕوو لە کێوەکە لەنێو ئاگرەوە لەگەڵتاندا دوا، [٥]لەو کاتەدا من لەنێوان یەزدان و ئێوەدا ڕاوەستا بووم هەتا فەرمایشتی یەزدانتان پێ ڕابگەیەنم، چونکە لەبەر ئاگرەکە ترسان و سەرنەکەوتن بۆ کێوەکە، فەرمووی:

[٦]«من یەزدانی پەروەردگارتانم کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان، لە خاکی کۆیلایەتییەوە.
[٧]«هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێت.
[٨]«پەیکەر[c] بۆ خۆتان دروستمەکەن، نە لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لەژێر زەوییەوە. [٩]کڕنۆشیان بۆ مەبەن و مەیانپەرستن، چونکە منی یەزدانی پەروەردگارتان خودایەکی ئیرەدارم، لە جیاتی گوناهی باوکان سزای منداڵان دەدەم، هەتا نەوەی سێیەم و چوارەمی ناحەزەکانم، [١٠]بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم دەردەخەم، ئەوانەی گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانم دەبن.
[١١]«ناوی یەزدانی پەروەردگارتان بۆ شتی پووچ مەهێنن، چونکە ئەو کەسانە لەلای یەزدان

[a] ٤٨ چیای سیۆن: چیای حەرمۆنە، نەك کێوی سییۆن ئەوەی دواتر تەرخان کرابووەوە بۆ پەرستنی یەزدان. بڕوانە ٥:١٢ و دووەم ساموئێل ٧:٥.

[b] ٤٩ دەریای مردوو: عیبری: دەریای عەراڤا.

[c] ٨ تاشینی پەیکەر، بە مەبەستی پەرستن وەك بت، بڕوانە بەشی ٥:٧، ٢٥.

ئەستۆ پاك نابن كە بۆ شتی پوچەڵ ناوی
دەهێنن.
١٢«ڕۆژی شەممە[a] بپارێزن، تاكو بە پیرۆزی ڕایبگرن،
هەروەك یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ
كردن. ١٣شەش ڕۆژ ئیش دەكەن و هەموو
كارەكەتان دەكەن، ١٤بەڵام ڕۆژی حەوتەم
شەممەیە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان، هیچ
كارێك مەكەن، خۆتان و كوڕ و كچ و خزمەتكار
و كارەكەر و گا و مانگ و گوێدرێژ و هەر
ئاژەڵێكتان و ئەو نامۆیەی لەناو دەروازەی
شارەكەتانە هیچ كارێك مەكەن، بۆ ئەوەی
خزمەتكار و كارەكەرەكەشتان وەك ئێوە
بحەسێنەوە. ١٥لە یادتان بێت كە ئێوەش كۆیلە
بوون لە خاكی میسر و یەزدانی پەروەردگارتان
بە دەستێكی پۆڵایین و بازوویەكی بەهێز لەوێ
دەریهێنان، لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگارتان
فەرمانی پێ كردن ڕۆژی شەممە بپارێزن.
١٦«ڕێزی دایك و باوكتان بگرن هەروەك یەزدانی
پەروەردگارتان فەرمانی پێ كردن، بۆ ئەوەی
تەمەن درێژ بن و چاكە بێتە ڕێتان لەو خاكەی
یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات.
١٧«مەكوژن[b].
١٨«داوێنپیسی مەكەن.
١٩«دزی مەكەن.
٢٠«بە درۆ شایەتی لەسەر كەس مەدەن.
٢١«چاو مەبڕنە ژنی كەس. چاو مەبڕنە ماڵ و
كێڵگە و خزمەتكار و كارەكەر و گا و مانگا و
گوێدرێژی هیچ كەسێك و هەر شتێك كە هی
كەسێكی دیكە بێت.»

٢٢یەزدان بەم ڕاسپاردانە لەگەڵ هەموو
كۆمەڵەكەتاندا دوا، لە كێوەكە لەناو ئاگر و هەور و
تاریكی چڕ و دەنگێكی بەرز، هیچی زیاد نەكرد و
لەسەر دوو تەختەی بەرد نووسی و پێیدام.
٢٣كاتێك گوێتان لە دەنگەكە بوو لەناو تاریكییەوە
و كێوەكە بە ئاگر گڕی گرتبوو، هەموو سەرۆك
هۆزەكانتان و پیرەكانتان هاتن بۆ لام. لێم هاتنە
پێش و ٢٤گوتتان، «ئەوەتا یەزدانی پەروەردگارمان
شكۆمەندی و مەزنی خۆی پیشان داین و گوێمان
لە دەنگی بوو لەناو ئاگرەوە، ئەمڕۆ بینیمان خودا
لەگەڵ مرۆڤ دەدوێت و مرۆڤەكەش دەژیێت،
٢٥بەڵام ئێستا بۆچی بمرین؟ چونكە ئەو ئاگرە
مەزنە دەمانخوات. ئەگەر لەوە زیاتر گوێمان لە
دەنگی یەزدانی پەروەردگارمان بوو ئەوا دەمرین،
٢٦چونكە كێ وەك ئێمە لە هەموو ئادەمیزاد گوێی
لە دەنگی خودای زیندوو بووە لەناو ئاگرەوە بدوێت
و ژیابێت؟ ٢٧تۆ بڕۆ پێشەوە و گوێ لە هەموو ئەوە
بگرە كە یەزدانی پەروەردگارمان دەیڵێت و هەموو
ئەوەی یەزدانی پەروەردگارمان پێت دەڵێت، پێمانی
بڵێ، جا گوێ دەگرین و كاری پێدەكەین.»
٢٨یەزدانیش گوێی لە قسەكانتان بوو كاتێك
قسەتان لەگەڵ كردم و یەزدان پێی فەرمووم،
«گوێم لە دەنگی قسەی ئەم گەلە بوو كە لەگەڵتدا
دوان. لە هەموو ئەوەی گوتیان باش بوو، ٢٩خۆزگە
هەمیشە دڵیان ئاوا دەبوو هەتا لێم بترسن و هەموو
فەرمانەكانم بپارێزن، هەتاوەكو بۆ هەتاهەتایە چاكە
بێتە سەر ڕێگای خۆیان و كوڕەكانیان.
٣٠«بڕۆ پێیان بڵێ: "بگەڕێنەوە چادرەكانی خۆتان،"
٣١بەڵام تۆ لێرە لەگەڵم بوەستە، باسی هەموو فەرمان
و فەرز و یاساكانت بۆ دەكەم كە فێریان دەكەیت
و ئەوان لەو خاكەدا پەیڕەوی دەكەن كە من پێیان
دەدەم هەتا دەستی بەسەردا بگرن.»
٣٢ئیتر ئاگاداربن بۆ ئەوەی هەموو ئەوە بكەن
هەروەك یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ كردن،
بەلای ڕاست و چەپدا لامەدەن، ٣٣هەموو ئەو
ڕێگایەی یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ كردن
دەیگرنەبەر، هەتا بژین و چاكە بێتە ڕێگاتان و
درێژە بە ڕۆژانتان بدەن لەو خاكەی دەستی بەسەردا
دەگرن.

[a] ١٢ بڕوانە دەرچوون ٢٣:١٦.

[b] ١٧ مەكوژن: مەبەست بە ئەنقەست یان بە تووڕەیی.

## یەزدانی پەروەردگارت خۆشبوێت

٦ ئەمە ئەو فەرمان و فەرز و یاسایانەیە کە
یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی دا فێرتانی
بکەم، هەتا لەو خاکەدا پەیڕەوی بکەن کە لە
ڕووباری ئوردونەوە بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی
بەسەردا بگرن، ٢هەتا لە یەزدانی پەروەردگارتان
بترسن و هەموو فەرز و فەرمانەکانی بەجێبهێنن
کە من بە ئێوە و منداڵ و نەوەکانتان فەرمانیان
پێدەدەم هەموو ڕۆژانی ژیانتان، هەتا ڕۆژانتان درێژ
بێت. ٣جا ئەی ئیسرائیل، گوێ بگرن و ئاگاداربن بە
گوێڕایەڵیتان، هەتا چاکە بێتە ڕێگاتان و زۆر زۆرتر
ببن، هەروەك یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان
بەڵێنی پێدان لەو خاکەی شیر و هەنگوینی لێ
دەڕژێت.

٤ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، یەزدانی پەروەردگارمان
یەك یەزدانە، ٥جا بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان
و بە هەموو تواناتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان
خۆشبوێ. ٦با ئەم ڕاسپاردانەی من ئەمڕۆ فەرمانتان
پێ دەکەم لەسەر دڵتان بێت و ٧بۆ منداڵەکانتانی
بگێڕنەوە و باسی بکەن کاتێك لە ماڵ دادەنیشن و
کاتێك بە ڕێگادا دەڕۆن و کاتێك دەخەون و کاتێك
هەڵدەستن، ٨وەك نیشانەیەکیش لەسەر دەستتان
بیبەستن و با گوڵنگ بێت بە ناوچەوانتانەوە و
٩لەسەر چوارچێوەی دەرگای ماڵ و حەوشەکانتان
بینووسن.

١٠کاتێکیش یەزدانی پەروەردگارتان ئێوەی هێنا
بۆ ئەو خاکەی کە سوێندی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق
و یاقوبی باوباپیرانتان خوارد کە بتانداتێ، بۆ شاری
مەزن و چاك کە ئێوە بنیادتان نەناوە، ١١ماڵی پڕ
لە خێروبێر کە ئێوە پڕتان نەکردووە، بیری لێدراو
کە ئێوە لێتان نەداوە، مێو و زەیتوون کە ئێوە
نەتانڕواندووە، کە کاتێك خواردتان تێر بوون، ١٢جا
ئاگاداربن نەوەك یەزدان لەبیر بکەن کە لە خاکی
میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنان.

١٣لە یەزدانی پەروەردگارتان دەترسن و تەنها
ئەو دەپەرستن و بە ناوی ئەوەوە سوێند دەخۆن.
١٤بەدوای خودای دیکەدا مەڕۆن، لە خوداوەندەکانی
ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەرتانن، ١٥چونکە یەزدانی
پەروەردگارتان خودایەکی ئیرەدارە لەنێوتان، نەوەك
تووڕەیی یەزدانی پەروەردگارتان بجۆشێت بەسەرتان
و لەسەر ڕووی ئەم خاکە لەناوتان ببات. ١٦یەزدانی
پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە وەك لە مەسا تاقیتان
کردەوە. ١٧بە تەواوی فەرمان و یاسا و فەرزەکانی
یەزدانی پەروەردگارتان بەجێبهێنن کە فەرمانی پێ
کردوون. ١٨ئەوەی ڕاستە و باشە لەبەرچاوی یەزدانی
پەروەردگارتان بیکەن، هەتا چاکە بێتە ڕێگاتان و
بچنە ناوەوە و دەست بەسەر ئەو خاکە چاکەدا
بگرن کە یەزدان سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد، ١٩کە
هەموو دوژمنانتان لەبەردەم ڕابماڵێت، وەك یەزدان
فەرمووی.

٢٠ئەگەر لە داهاتوودا منداڵەکانتان لێیان
پرسین، گوتیان، «ئەو یاسا و فەرز و حوکمانە چین
کە یەزدانی پەروەردگارمان فەرمانی پێ کردن؟»
٢١بە منداڵەکانتان دەڵێن: «لە میسر کۆیلەی
فیرعەون بووین و یەزدان بە دەستێکی بەهێز
لە میسرەوە دەریهێناین و ٢٢یەزدان لەبەرچاومان
نیشانە و پەرجووی مەزن و سامناکی بەسەر میسر
و فیرعەون و هەموو ماڵەکەی نارد و ٢٣لەوێوە
دەریهێناین هەتا بمانهێنێت و ئەو خاکەمان بداتێ
کە بۆ باوباپیرانمان سوێندی خواردبوو. ٢٤جا یەزدان
فەرمانی پێ کردین هەموو ئەو فەرزانە بەجێبهێنین
و لە یەزدانی پەروەردگارمان بترسین، هەتا هەموو
ڕۆژان چاکەمان بێتە ڕێ و بمانهێڵێتەوە وەك ئەمڕۆ،
٢٥ڕاستودروستیشمان بۆ دەبێت ئەگەر هەموو
ئەو فەرمانانەمان پاراست هەتا لەبەردەم یەزدانی
پەروەردگارمان بیکەین، هەروەك فەرمانی پێ
کردین.»

## دەرکردنی نەتەوەکان

٧ کاتێك یەزدانی پەروەردگارتان ئێوەی هێنایە
ئەو خاکەی کە دەچنە ناوی هەتا دەستی
بەسەردا بگرن و گەلانی زۆری لەبەردەمتان دەرکرد،

حیتی و گرگاشی و ئەموری و کەنعانی و پریزی و
حیڤی و یەبوسییەکان، حەوت گەلی لە خۆتان
مەزنتر و بەهێزتر، ٢کاتێك یەزدانی پەروەردگارتان
ئەوانی دایە دەستتان و ئێوەش لێتان دان، بە
تەواوی قڕیان دەکەن[a]، پەیمانیان لەگەڵ نابەستن و
بەزەییتان پێیان نایەتەوە. ٣ژن و ژنخوازییان لەگەڵ
ناکەن، کچتان مەدەنە کوڕیان و کچیان بۆ کوڕتان
مەهێنن، ٤چونکە کوڕەکانتان لە من هەڵدەگێڕنەوە
و خودای دیکە دەپەرستن، جا تووڕەیی یەزدان لێتان
دەجۆشێت و خێرا لەناوتان دەبات. ٥بەڵام دەبێت
ئاوایان پێ بکەن، قوربانگاکانیان بڕووخێنن و بەردە
تەرخانکراوەکانیان[b] بشکێنن و ستوونە ئەشێراکانیان[c]
ببڕنەوە و بتەکانیان بە ئاگر بسووتێنن، ٦چونکە
ئێوە گەلێکی پیرۆزن بۆ یەزدانی پەروەردگارتان.
لەنێو هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی یەزدانی
پەروەردگارتان ئێوەی هەڵبژارد تاکو بۆی ببن بە
گەلی ئەو، ببنە گەنجینەیەکی تایبەت.

٧یەزدان دڵی پێتانەوە بەند بوو و هەڵیبژاردن،
نەك لەبەر ئەوەی لە هەموو گەلان زۆرترن لە
ڕاستیدا ئێوە لە هەموو گەلان کەمترن. ٨بەڵام لە
خۆشەویستی یەزدان بوو بۆتان و پاراستنی ئەو
سوێندەی بۆ باوباپیرانی ئێوەی خوارد، یەزدان بە
دەستێکی بەهێز دەریهێنان و ئێوەی لە خاکی
کۆیلایەتی کڕییەوە، لە دەستی فیرعەونی پاشای
میسر. ٩جا بزانن کە یەزدانی پەروەردگارتان خۆی
خودایە، خودای وەفادارییە، ئەوەی پەیمانی
خۆشەویستییەکەی هەتا هەزار نەوە دەباتەسەر، بۆ
ئەوانەی خۆشیان دەوێت و فەرمانەکانی دەپارێزن.

١٠بەڵام سزای ئەوانە دەدات کە ڕقیان لێی دەبێتەوە
و دەستبەجێ لەناویان دەبات،
ئەوەی ڕقی لێی بێتەوە لەسەری ناوەستێت و
تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

١١جا فەرمان و فەرز و یاساکان بەجێبهێنن کە من
ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەدەم بۆ ئەوەی جێبەجێی
بکەن.

١٢ئەگەر ئێوە گوێ لەو یاسایانە بگرن و بیپارێزن
و جێبەجێ بکەن، ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان
پەیمانی خۆشەویستییەکەی بۆ ئێوە دەباتەسەر،
وەك چۆن سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد.
١٣ئێوەی خۆشدەوێت، بەرەکەتدارتان دەکات و
زۆرتان دەکات و بەروبوومی سکتان و بەروبوومی
زەوییەکەتان، دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتتان،
بەروبوومی گوێرەکەی گاگەلەکەتان و مەڕ و
بزنەکانتان بەرەکەتدار دەکات لەسەر ئەو زەوییەی
کە سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد کە بە ئێوەی
دەدات. ١٤ئێوە بەرەکەتدار دەبن لە سەرووی
هەموو گەلان، وەجاخکوێر و نەزۆك نە لە ئێوە و نە
لەناو ئاژەڵە ماڵییەکانتاندا نابێت، ١٥یەزدان هەموو
نەخۆشییەکتان لێ دوور دەخاتەوە و هەموو دەردە
خراپەکانی میسر کە ئێوە زانیتان نایخاتە سەرتان،
بەڵکو دەیخاتە سەر هەموو ناحەزانتان، ١٦هەموو
ئەو گەلانەش لەناودەبەن کە یەزدانی پەروەردگارتان
دەیانداتە دەستتان، بەزەییتان پێیان نایەتەوە و
خوداوەندەکەیان ناپەرستن، چونکە ئەوە تەڵەیە بۆ
ئێوە.

١٧ئەگەر لە دڵی خۆتاندا گوتتان، «ئەو گەلانە
لە ئێمە بەهێزترن، چۆن دەتوانین دەریانبکەین؟»
١٨لێیان مەترسن، ئەوەتان بەبیر بێتەوە یەزدانی
پەروەردگارتان چی بە فیرعەون و بە هەموو
میسرییەکان کرد، ١٩ئەو ئەزموونە مەزنانەی
چاوەکانتان بینییان و ئەو نیشانە و پەرجووانە،
هەروەها ئەو دەستە پۆڵایین و بازووە بەهێزەی
کە یەزدانی پەروەردگارتان ئێوەی پێ دەرهێنا.
یەزدانی پەروەردگارتان ئاوا لە هەموو ئەو گەلانە
دەکات کە ئێوە لێیان دەترسن. ٢٠هەروەها یەزدانی
پەروەردگارتان زەردەواڵە دەنێرێتە سەر ئەو گەلانە

[a] ٢ بە تەواوی قڕیان دەکەن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناوەدەبردرێت.

[b] ٥ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ٢١:١٦-٢٢.

[c] ٥ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١

تاوەکو تەنانەت ئەو بەجێماوانەش لەناو ببات کە
خۆیان لە ئێوە شاردووەتەوە. ٢١لێیان مەترسن، چونکە
یەزدانی پەروەردگارتان لەنێوتانە و خودایەکی مەزن
و سامناکە. ٢٢بەڵام یەزدانی پەروەردگارتان کەمە
کەمە ئەو گەلانە لەبەردەمتان دەردەکات، ناتوانن
دەستبەجێ لەناویان ببەن نەوەك دڕندەی کێویتان
بەسەرەوە زۆر بێت. ٢٣بەڵام یەزدانی پەروەردگارتان
دەیانداتە دەست و سەرلێشێوانێکی مەزنیان
دەکەوێتە ناو، هەتا لەناودەچن. ٢٤پاشاکانیشیان
دەخاتە ناو دەستتان، جا لەژێر ئاسمان ناویان
دەسڕنەوە، کەس نابێت بتوانێت لە دژتان بوەستێت
هەتا لەناویان دەبەن. ٢٥وێنەی خوداوەندەکانیان
بە ئاگر دەسووتێنن، چاو مەبڕنە ئەو زێڕ و زیوەی
کە لەسەریانە هەتا بۆ خۆتانی ببەن، نەوەك پێی
بکەونە داوەوە، چونکە لەلای یەزدانی پەروەردگارتان
قێزەونە. ٢٦هیچ قێزەونێکیش مەهێننە ناو
ماڵەکانتانەوە نەوەك ئێوەش وەك ئەو بۆ قڕکردن
تەرخان بکرێن، بەڵکو وەکو شتێکی قێزەون تەماشای
بکەن و ڕقتان لێ ببێتەوە، چونکە بۆ قڕکردن تەرخان
کراوە[a].

## یەزدانی پەروەردگارتان لەبیر مەکەن

٨ ئاگاداربن بە جێبەجێکردنی هەموو ئەو
فەرمانانەی من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم
هەتا بژین و زۆر بن و ئەو خاکەی یەزدان سوێندی
خواردووە بۆ باوباپیرانتان بچنە ناوی و دەستی
بەسەردا بگرن. ٢هەموو ئەو ڕێگایانەشتان لە یاد
بێت، کە یەزدانی پەروەردگارتان لە ماوەی ئەم چل
ساڵە لە چۆڵەوانیدا ئێوەی پێدا برد هەتا بێفیزتان
بکات و هەڵتانبسەنگێنێت تاکو ئەوەی لەناو دڵتانە
بیزانێت، ئاخۆ فەرمانەکانی پەیڕەو دەکەن یان نا.
٣جا بێفیزی کردن و برسی کردن و مەنی دەرخوارد
دان، کە پێشتر نەتاندەزانی و باوباپیرانتیشتان
نەیاندەزانی[b] هەتا فێرتان بکات کە مرۆڤ تەنها بە
نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەك کە لە دەمی
یەزدانەوە دێتە دەرەوە. ٤جلەکانتان بەبەرتانەوە
کۆن نەبوون و پێتان نەئاوسا لەم چل ساڵەدا، ٥جا
لە دڵتانەوە بزانن وەك چۆن مرۆڤ کوڕەکەی تەمبێ
دەکات، ئاوا یەزدانی پەروەردگارتان تەمبێی کردن.
٦فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاریشتان پەیڕەو
بکەن هەتا ڕێگاکانی بگرنەبەر و لێی بترسن،
٧چونکە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانهێنێتە خاکێکی
باش، خاکی جۆگەکان و گۆماوەکان و سەرچاوەی
کانیاوەکان لەناو دۆڵ و چیاکان، ٨خاکی گەنم و جۆ
و مێو و هەنجیر و هەنار، خاکی زەیتی زەیتوون و
هەنگوین. ٩خاکێکە نانی کەمی تێدا ناخۆن و تێیدا
پێویستیتان بە هیچ شتێك نابێت، خاکێك بەردەکانی
ئاسنە و لە چیاکانی مس هەڵدەکۆڵن.
١٠جا کاتێك خواردتان و تێر بوون، ستایشی
یەزدانی پەروەردگارتان دەکەن لەبەر ئەو خاکە
باشەی پێیدان. ١١ئاگاداربن نەوەك یەزدانی
پەروەردگارتان لەبیر بکەن و فەرمان و یاسا و
فەرزەکانی بەجێنەهێنن، ئەوەی من ئەمڕۆ فەرمانتان
پێدەدەم، ١٢نەوەك کاتێك خواردتان و تێر بوون
و خانووی خۆشتان دروستکرد و نیشتەجێ بوون
و ١٣مانگا و مەڕتان زیادی کرد و زێڕ و زیوتان بۆ
زیاد بوو، هەموو ئەوەی هەتانە زیاد بوو، ١٤لووتتان
بەرز بێت و یەزدانی پەروەردگارتان لەبیر بچێت
کە لە خاکی میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنان.
١٥ئەوەی بە چۆڵەوانی مەزن و ترسناکدا ئێوەی
برد، شوێنی ماری ژەهراوی و دووپشك و خاکی
تینوویێتی و بێ ئاو، ئەوەی لە بەردەئەستێ ئاوی بۆ
دەرهێنان. ١٦ئەوەی لە چۆڵەوانی مەنی دەرخوارد
دان کە باوباپیرانتان نەیاندەزانی، هەتا بێفیزتان
بکات و هەڵتانبسەنگێنێت تاکو ئەوەی لەناو دڵتانە

[a] ٢٦ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناوەبردرێت.

[b] ٣ مەنی: ناوی ئەو نانەیە کە دیاری خودا بوو و وەك تۆوی گژنیژ سپی بوو و تامیشی وەك ناسکە نانی (ناوەشکێنە) بە هەنگوین بوو. بە زمانی عیبری مەن واتە «ئەمە چییە؟» بڕوانە دەرچوون ١٦:١٤-٣١.

بیزانێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا چاکەتان لەگەڵدا
بکات. ١٧هەروەها نەوەک لە دڵی خۆتاندا بڵێن،
«هێزی خۆمان و توانای دەستمان ئەم سامانەی بۆ
دروستکردین،» ١٨بەڵکو یەزدانی پەروەردگارتان لە
یاد بێت، ئەو هێزتان دەداتێ بۆ سامان دروستکردن،
هەتا ئەو پەیمانەی خۆی بەجێبگەیەنێت کە
سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد وەک ئەمڕۆ.
١٩ئەگەر یەزدانی پەروەردگارتان لەبیر کرد و
بەدوای خوداوەندانی دیکە کەوتن و پەرستتان و
کڕنۆشتان بۆ بردن، ئەوا ئەمڕۆ شایەتیتان لەسەر
دەدەم کە بێگومان لەناودەچن، ٢٠وەک ئەو گەلانەی
یەزدان لەبەردەمتان لەناویان دەبات، ئێوەش لەناو
دەبردرێن لەبەر ئەوەی ئێوە گوێڕایەڵی یەزدانی
پەروەردگارتان نەبوون.

## نەک لەبەر ڕاستودروستی ئیسرائیل

٩ ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، ئەمڕۆ ئێوە خەریکن
لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە هەتا بچنە
ناوەوە و گەلەکانی ناوی دەربکەن، ئەوان لە ئێوە
مەزنتر و بەهێزترن، شارەکانیان گەورە و شوورادارن
هەتا ئاسمان. ٢نەتەوەیەکی مەزن و باڵا بەرز، نەوەی
عەناق، کە بەوانتان زانیوە و بیستووتانە کە گوتراوە:
«کێ لە ڕووی نەوەی عەناق دەوەستێت؟» ٣جا
ئەمڕۆ بزانن کە یەزدانی پەروەردگارتان لەپێشتانەوە
دەپەڕێتەوە وەک ئاگرێکی سووتێنەر، ئەو
لەبەردەمتاندا لەناویان دەبات و زەلیلیان دەکات و
ئێوەش دەریاندەکەن و بە خێرایی لەناویان دەبەن،
هەروەک یەزدان بەڵێنی پێدان.
٤کاتێک یەزدانی پەروەردگارتان لەبەردەمتاندا
لایان دەبات، لە دڵی خۆتاندا مەڵێن، «لەبەر
ڕاستودروستیمان یەزدان ئێمەی هێنایە ئێرە هەتا
دەست بەسەر ئەم خاکەدا بگرین،» بەڵکو لەبەر
بەدکاری ئەو گەلانەیە، یەزدان لەبەردەمتاندا
دەریاندەکات. ٥لەبەر ڕاستودروستی و دڵپاکیتان نییە
کە دەچنە ناوەوە تاکو دەست بەسەر زەوییەکەیاندا
بگرن، بەڵکو لەبەر بەدکاری ئەو گەلانەیە کە
یەزدانی پەروەردگارتان لەبەردەمتان دەریاندەکات
و هەتا ئەو بەڵێنەش جێبەجێ بکات کە یەزدان
سوێندی لەسەر خوارد بۆ باوباپیرانتان، ئیبراهیم و
ئیسحاق و یاقوب. ٦جا بزانن لەبەر ڕاستودروستیتان
نییە یەزدانی پەروەردگارتان ئەو خاکە باشەتان
پێدەدات هەتا دەستی بەسەردا بگرن، چونکە ئێوە
گەلێکی کەللەڕەقن.

## گوێرەکە زێڕینە لەقاڵبدراوەکە

٧لە یادتان بێت و لەبیری مەکەن چۆن لە
دەشتودەر یەزدانی پەروەردگارتان تووڕە کرد. لەو
ڕۆژەوەی لە خاکی میسرەوە هاتنە دەرەوە و هەتا
هاتنە ئەم شوێنە ئێوە لە یەزدان یاخین. ٨تەنانەت
لە حۆرێڤیش یەزدانتان تووڕە کرد و جا یەزدان
لێتان تووڕە بوو هەتا ڕادەیەک ئامادە بوو لەناوتان
ببات. ٩کاتێک بۆ کێوەکە سەرکەوتم بۆ ئەوەی دوو
تەختە بەردەکە، دوو تەختەکەی پەیمان کە یەزدان
لەگەڵتانی بەست وەربگرم، چل شەو و چل ڕۆژ لە
کێوەدا مامەوە و نانم نەخوارد و ئاوم نەخواردەوە.
١٠یەزدانیش دوو تەختە بەردەکەی پێدام کە
بە پەنجەی خودا نووسرا بوون و هەموو ئەو
ڕاسپاردانەی لەسەر بوو کە یەزدان لە کێوەکە لەناو
ئاگرەوە لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە لەگەڵتاندا پێی دوا.
١١لە کۆتایی چل شەو و چل ڕۆژەکە، کاتێک یەزدان
دوو تەختە بەردەکە، دوو تەختەکەی پەیمانی دامێ،
١٢یەزدان پێی فەرمووم: «هەستە بە خێرایی لێرە بڕۆ
خوارەوە، چونکە گەلەکەت ئەوەی تۆ لە میسرەوە
دەرتهێنان گەندەڵ بوون، بە زوویی لەو ڕێگایە
لایاندا کە فەرمانم پێکردن، بتێکی لەقاڵبدراویان بۆ
خۆیان دروستکرد.»
١٣هەروەها یەزدان پێی فەرمووم: «ئەم گەلەم
بینی، بە ڕاستی گەلێکی کەللەڕەقن، ١٤لێمگەڕێ
لەناویان دەبەم و ناویان لەژێر ئاسمان دەسڕمەوە و
دەتکەمە گەلێکی بەهێزتر و زۆرتر لەوان.»
١٥منیش ڕووم وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتمە
خوارەوە، کێوەکە بە ئاگر گڕی گرتبوو، دوو

تەختەکەی پەیمانیشم بەدەستەوە بوو. [١٦]جا ڕوانیم
ئێوە سەبارەت بە یەزدانی پەروەردگارتان گوناهتان
کردبوو، بتێکی داڕێژراوتان[a] لە شێوەی گوێرەکەیەك
بۆ خۆتان دروستکردبوو، بە زوویی لەو ڕێگایە لاتان
دابوو کە یەزدان فەرمانی پێ کردبوون. [١٧]منیش دوو
تەختەکەم گرت و لە دەستم فڕێمدان و لەبەرچاوتان
شکاندم.

[١٨]پاشان وەك یەکەم جار چل شەو و چل ڕۆژ
لەبەردەم یەزدان کەوتم و نانم نەخوارد و ئاوم
نەخواردەوە لەبەر هەموو ئەو گوناهانەی ئەنجامتان
داوە، بەوەی لەبەردەم یەزدان خراپەتان کرد و
پەستتان کرد. [١٩]لەو تووڕەیی و جۆشانە ترسام کە
یەزدان لێتان پەست ببوو بە ڕادەیەك کە ئامادە بوو
لەناوتان ببات، بەڵام یەزدان ئەو جارەش گوێی لێ
گرتم. [٢٠]یەزدان لە هارونیش زۆر تووڕە بوو هەتا
لەناوی ببات، جا لەو کاتەدا لە پێناوی هارونیش نزام
کرد. [٢١]هەروەها گوناهەکەتان، واتە ئەو گوێرەکەیەی
کە دروستتان کردبوو، من بردم و سووتاندم و
کوتام و باش هاڕیم هەتا وەك تۆز نەرم بوو، ئینجا
تۆزەکەیم هەڵدایە ناو ئەو جۆگەیەی لە کێوەکەوە
دێتە خوارەوە.

[٢٢]هەروەها لە تەبعیرە و مەسا و قیبرۆت هەتەڤا
یەزدانتان تووڕە کرد.

[٢٣]کاتێکیش یەزدان لە قادێش بەرنێعەوە ئێوەی
نارد، فەرمووی: «سەربکەون و دەست بەسەر ئەو
خاکەدا بگرن کە پێم داون.» بەڵام ئێوە لە فەرمانی
یەزدانی پەروەردگارتان یاخی بوون و بڕواتان پێی
نەکرد و گوێڕایەڵی ئەو نەبوون، [٢٤]لەو ڕۆژەوەی
ئێوەم ناسیوە، ئێوە لە دژی یەزدان یاخین.

[٢٥]ئەو چل شەو و چل ڕۆژە لەبەردەم یەزدان
کەوتم، چونکە یەزدان فەرمووبووی لەناوتان دەبات.
[٢٦]نوێژم بۆ یەزدان کرد و گوتم، «ئەی یەزدانی
باڵادەست، گەلەکەت و میراتەکەت لەناو مەبە کە
بە توانای خۆت کڕیتەوە، ئەوەی بە دەستێکی بەهێز
لە میسر دەرتهێنا. [٢٧]خزمەتکارەکانت بەبیر بێتەوە،
ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب، ئاوڕ لە کەللەڕەقی
ئەم گەلە مەدەوە یان لە بەدکارییەکەیان یان لە
گوناهەکەیان، [٢٨]نەوەك خەڵکی ئەو وڵاتەی لێت
دەرهێناین بڵێت: ”لەبەر ئەوەی یەزدان نەیتوانی
بیانباتە ناو ئەو خاکەی کە بەڵێنی پێدابوون و لەبەر
ئەوەی ڕقی لێیان بوو، دەریهێنان هەتا لە چۆڵەوانیدا
بیانمرێنێت.“ [٢٩]بەڵام ئەوان گەلی تۆن و میراتی
تۆن کە بە توانا مەزنەکەت و دەستە بەهێزەکەت
دەرتهێنان.»

## دوو تەختە وەك ئەوانەی یەکەم جار

١٠ لەو کاتەدا یەزدان پێی فەرمووم: «دوو
تەختە بەردی وەك ئەوانەی یەکەم بۆ
خۆت بتاشە و سەربکەوە سەر کێوەکە بۆ لای من،
سندوقێکیش لە دار بۆ خۆت دروستبکە، [٢]جا لەسەر
دوو تەختەکە ئەو وشانە دەنووسمەوە کە لەسەر
دوو تەختەکەی یەکەم جار بوون و تۆ شکاندت و
بیانخە ناو سندوقەکە.»

[٣]منیش سندوقێکم لە داری ئەکاسیا[b] دروستکرد،
دوو تەختە بەردی وەك ئەوانەی یەکەم جارم تاشی و
بۆ شاخەکە سەرکەوتم و دوو تەختەکەشم لە دەست
بوو. [٤]ئەویش لەسەر دوو تەختەکە وەك نووسراوی
یەکەم جاری نووسییەوە، دە ڕاسپاردەکە کە یەزدان
لەگەڵتاندا پێی دوا لە کێوەکە لەناو ئاگرەوە لە ڕۆژی
کۆبوونەوەکە و ئینجا پێیدام. [٥]ئیتر گەڕامەوە و لە
کێوەکە هاتمە خوارەوە و دوو تەختە بەردەکەم
لەناو سندوقەکە دانا کە دروستم کردبوو، جا هێشتا
لەوێن وەك یەزدان فەرمانی پێ کردم.

[٦]نەوەی ئیسرائیلیش لە بیرەکانی نەوەی
یەعقانەوە کۆچیان کرد بۆ مۆسێرە. لەوێ هارون
مرد و هەر لەوێش نێژرا. ئیتر ئەلعازاری کوڕی لە
جێی ئەو بوو بە کاهین. [٧]لەوێشەوە کۆچیان کرد
بۆ گودگۆدە، لە گودگۆدەشەوە بۆ یۆتباتە کە خاکی
جۆگە ئاوەکانە. [٨]لەو کاتەدا یەزدان هۆزی نەوەی

[a] ١٦ بڕوانە دەرچوون ٣٢.

[b] ٣ داری شەتیم.

لێڤی جیا کردەوە[a] بۆ ئەوەی سندوقی پەیمانی یەزدان هەڵبگرن و لەبەردەم یەزدان بوەستن بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن و بە ناوی ئەوەوە داوای بەرەکەت بکەن هەتا ئەمڕۆ. [٩]لەبەر ئەوە لێڤییەکان لەگەڵ براکانیان بەش و میراتیان نەبوو، یەزدان میراتی ئەوانە، هەروەك یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵیاندا دوا.

[١٠]منیش وەك ڕۆژانی یەکەم جار چل شەو و چل ڕۆژ لە کێوەکە مامەوە و یەزدان ئەو جارەش گوێی لێ گرتم و یەزدان نەیویست لەناوتان ببات. [١١]دواتر یەزدان پێی فەرمووم، «هەستە بڕۆ پێشڕەوی گەل بکە، جا دەچنە ناو ئەو خاکەی دەست بەسەریدا دەگرن کە سوێندم بۆ باوباپیرانیان خوارد بیاندەمێ.»

## لە یەزدان بترسە

[١٢]ئێستاش ئەی ئیسرائیل یەزدانی پەروەردگارتان چی لێتان دەوێت، تەنها ئەوەندە کە لە یەزدانی پەروەردگارتان بترسن تاکو هەموو ڕێگاکانی بگرنەبەر و خۆشتان بووێ، پڕ بە دڵ و لە ناخەوە یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستن، [١٣]فەرمانەکانی یەزدان و فەرزەکانی بەجێبهێنن کە من ئەمڕۆ بۆ باشی خۆتان فەرمانتان پێ دەکەم.

[١٤]ئەوەتا ئاسمان و ئاسمانی ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیدایە بۆ یەزدانی پەروەردگارتانە، [١٥]لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان دڵی بە باوباپیرانتانەوە بەند بوو و خۆشی ویستن، جا لەپاش خۆیان نەوەکەی ئەوانی هەڵبژارد کە ئێوەن، لە سەرووی هەموو گەلانەوە وەك ئەمڕۆ. [١٦]کەواتە دڵتان خەتەنە بکەن و ئیتر کەللەڕەق مەبن، [١٧]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان خۆی خودای خودایانە و گەورەی گەورەیانە، ئەو خودا مەزنە بە توانا بە سامەی لایەنگری ناکات و بەرتیل وەرناگرێت، [١٨]دادپەروەری هەتیو و بێوەژن دەکات و دۆستی نامۆیە هەتا خۆراك و بەرگی بداتێ. [١٩]جا نامۆتان خۆشبوێت، چونکە لە خاکی میسردا نامۆ بوون. [٢٠]لە یەزدانی پەروەردگارتان دەترسن، ئەو دەپەرستن و دەست بەوەوە دەگرن و بە ناوی ئەوەوە سوێند دەخۆن، [٢١]ئەو ستایشتانە و ئەو خوداتانە کە ئەو هەموو کارە مەزن و ترسناکەی بۆ کردن کە چاوەکانتان بینییان. [٢٢]باوباپیرانتان حەفتا کەس بوون کە چوونە میسر و ئێستاش یەزدانی پەروەردگارتان لە زۆریدا وەك ئەستێرەی ئاسمانی لێکردوون.

## خۆشویستن و پاراستنی فەرمانەکانی یەزدان

١١ یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت و خواست و فەرز و یاسا و فەرمانەکانی هەمیشە بەجێبهێنن. [٢]بزانن کە پەیامەکەم بۆ ئێوەیە، نەك بۆ منداڵەکانتان کە ئەزموونی تەمبێکردنی یەزدانی پەروەردگاریان نییە. ئێوە کە مەزنێتی و دەستی پۆڵایین و بازووە بەهێزەکەی ئەوتان بینیوە؛ [٣]نیشانە و کارەکانی کە لە میسر بە فیرعەونی پاشای میسر و بە هەموو خاکەکەی کرد، [٤]ئەوەی بە ئەسپ و گالیسکەکانی سوپای میسری کرد کاتێك بەدواتان کەوتن، بە شەپۆلەکانی دەریای سووری پێچایەوە و بە تەواوی لەناوی بردن. [٥]هەروەها منداڵەکانی ئێوە نەبوون، بەڵکو ئێوە بوون کە بە چاوی خۆتان ئەوەتان بینی کە لە دەشتودەر بۆی کردن هەتا هاتنە ئەم شوێنە و [٦]ئەوەی بە داتان و ئەبیرامی کرد، دوو کوڕەکەی ئەلیابی ڕەئوبێنی، کاتێك لەناوەندی هەموو ئیسرائیلدا زەوی دەمی کردەوە و بە ماڵەکانیان و چادرەکانیان و هەموو ئەو شتە زیندووانەی هی ئەوان بوون هەڵیلووشی. [٧]ئێوە بە چاوی خۆتان هەموو کردارە مەزنەکانی یەزدانتان بینی کە کردی.

[٨]هەموو ئەو فەرمانانە بپارێزن کە ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، بۆ ئەوەی بەهێز بن و بچنە ناوەوە و دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرن کە ئێوە لە ڕووباری ئوردونەوە بۆی دەپەڕنەوە هەتا ببنە خاوەنی، [٩]هەروەها بۆ ئەوەی تەمەن درێژ بن لەسەر ئەو زەوییەی یەزدان سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد بیانداتێ، بۆ خۆیان و نەوەکانیان، خاکێك

[a] ٨ جیا کردەوە: بڕوانە سەرژمێری ٣:٥-١٣.

شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [١٠]ئەو خاکەی کە ئێوە دەچنە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگرن، وەك خاکی میسر نییە کەوا بەجێتان هێشت، ئەو شوێنەی تۆوتان لێ دەچاند و بە پێیەکانتان ئاوتان دەدا[a] وەك باخی سەوزەوات. [١١]بەڵکو ئەو خاکەی ئێوە لە ڕووباری ئوردونەوە بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی بەسەردا بگرن، خاکی چیا و دۆڵە، لە بارانی ئاسمان ئاو دەخواتەوە. [١٢]خاکێك یەزدانی پەروەردگارتان بایەخی پێدەدات؛ چاوەکانی یەزدانی پەروەردگارتان لە سەرەتای ساڵ هەتا کۆتایی بە بەردەوامی لەسەریەتی. [١٣]جا ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بوون کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم هەتا یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت، پڕ بە دڵ و لە ناخەوە بیپەرستن، [١٤]ئەوا بارانی زەوییەکەتان، پاییزە باران و بەهارە باران لە کاتی وەرزی خۆیدا دەدەم، تۆش دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتەکەت کۆدەکەیتەوە. [١٥]گیا دەدەمە ئاژەڵەکانت لە کێڵگەکەت، تۆش دەیخۆیت و تێر دەبیت.

[١٦]بۆیە ئاگاداربن نەوەك دڵتان بخەڵەتێت و لابدەن و خودای دیکە بپەرستن و کڕنۆشی بۆ ببەن. [١٧]جا تووڕەیی یەزدان لێتان دەجۆشێت و ئاسمان دادەخرێت و باران نابارێت و زەوی بەروبووم نادات، ئێوەش بە خێرایی لەو خاکە چاکەی یەزدان پێتانی دەدات لەناودەچن.

[١٨]جا ئەم وشانەم لەسەر دڵ و گیانتان دابنێن و وەك نیشانە لەسەر دەستتانی ببەستن و با گوڵنگ بن بە ناوچەوانتانەوە. [١٩]منداڵەکانیشتان فێر بکەن و پێی بدوێن کاتێك لە ماڵەکانتان دادەنیشن و کاتێك بە ڕێگادا دەڕۆن و کاتێك دەخەون و کاتێك هەڵدەستن، [٢٠]لەسەر چوارچێوەی دەرگاکانی ماڵەکەت و لەسەر دەرگاکانی حەوشەکەت بینووسە، [٢١]بۆ ئەوەی ڕۆژانی خۆت و منداڵەکانت زیاد بکات لەسەر ئەو زەوییەی یەزدان سوێندی بۆ باوباپیرانت خوارد بیانداتێ هەروەك بەردەوامی ئاسمان بەسەر ڕووی زەویدا.

[٢٢]ئەگەر هۆشیار بوون و هەموو ئەو فەرمانانە بپارێزن کە من فەرمانتان پێ دەکەم هەتا بیکەن، بۆ ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت و هەموو ڕێگاکانی بگرنەبەر و دەستی پێوە بگرن، [٢٣]ئەوا یەزدان هەموو ئەو گەلانە لەبەردەمتان دەردەکات و ئێوە دەبنە میراتگری گەلانی لە خۆتان گەورەتر و بەهێزتر. [٢٤]هەر شوێنێك لەپی پێتان لێ دانا دەبێتە هی ئێوە، سنوورتان لە دەشتودەر و لوبنانەوە، لە ڕووبارەکەوە، ڕووباری فورات هەتا دەریای ڕۆژئاوا دەبێت. [٢٥]هیچ کەس ناتوانێت لە دژتان بوەستێت، یەزدانی پەروەردگارتان ترس و سامتان دەخاتە سەر هەموو ئەو زەوییەی پێی لێ دەنێن، هەروەك بەڵێنی پێدان.

[٢٦]بڕوانە، من ئەمڕۆ بەرەکەت و نەفرەت لەبەردەمتان دادەنێم، [٢٧]بەرەکەتە، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاری خۆتان بن کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، [٢٨]نەفرەتە، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاری خۆتان نەبن و لەو ڕێگایەی کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم لاتان دا هەتا بەدوای خودای دیکە بکەون کە نەتانناسیوە. [٢٩]جا کاتێك یەزدانی پەروەردگارت تۆی هێنایە ئەو خاکەی کە تۆ دەچیتە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگریت، ئەوا بەرەکەتەکان لەسەر کێوی گەریزیم ڕابگەیەنە و نەفرەتەکانیش لەسەر کێوی عێبال. [٣٠]وەك دەزانن ئەم کێوانە لەوبەری ڕووباری ئوردونەوەن، لە ڕۆژئاوای ڕێگاکە بەرەو خۆرئاوابوون، لە خاکی کەنعانییەکانی کە لە عەراڤادا نیشتەجێن، بەرامبەر گلگال لەتەنیشت دار بەڕووەکانی مۆرە، [٣١]چونکە ئێوە خەریکن لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە هەتا بچنە ناو ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات و دەستی بەسەردا بگرن. کاتێك دەستتان بەسەردا گرت و تێیدا نیشتەجێ بوون، [٣٢]ملکەچی هەموو ئەو فەرز

---

[a] ١٠ لە میسردا بۆ ئاودێری زەوی و زار، لە جۆگەکانەوە یان کەنداوەکانەوە بەهۆی زنجیرەیەك جەنجەڕی ئاو هەڵێنجانەوە بووە، کە بەهۆی پێیەکانیانەوە دەیانسووڕاندەوە.

و یاسایانە بن کە من ئەمڕۆ لەبەردەمتانی دادەنێم هەتا بیکەن.

## تەنها لە شوێنی هەڵبژێردراو خودا بپەرستن

١٢ ئەمە ئەو فەرز و یاسایانەیە کە بەجێی دەهێنن هەتا لەو خاکەدا بیکەن کە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان پێیداون هەتا دەستی بەسەردا بگرن بە درێژایی ڕۆژانی ژیانتان لەسەر زەوی. ٢هەموو ئەو شوێنانە بە تەواوی تێکدەدەن، کە تێیدا ئەو نەتەوانەی ئێوە دەریاندەکەن، خوداوەندەکانیان دەپەرست لەسەر چیا سەرکەشەکان و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوز، ٣قوربانگاکانیشیان تێکدەدەن، بەردە تەرخانکراوەکانیان دەشکێنن، ستوونە ئەشێراکانیان بە ئاگر دەسووتێنن، پەیکەرەکانی خوداوەندەکانیان دەبڕنەوە و لەو شوێنانەدا ناویان دەسڕنەوە.

٤بەو شێوەیەی ئەوان یەزدانی پەروەردگارتان ناپەرستن، ٥بەڵکو ئەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت لەنێو هەموو هۆزەکانتان هەتا ناوی خۆی تێدا دابنێت بۆ نیشتەجێبوونی[a]، ڕووتان لەو شوێنە دەکەن و بۆ ئەوێ دەچن. ٦بۆ ئەوێ قوربانی سووتاندن و سەربڕاو و دەیەکەکان و بەخشینی بەرزکراوە و نەزر[b] و بەخشینی ئازاد[c] و نۆبەرەی مانگا و مەڕەکانتان پێشکەش دەکەن. ٧لەوێ لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان ئێوە و خێزانەکانتان دەخۆن و دڵخۆش دەبن بە هەموو ئەوانەی دەستتان پێی دەگات، وەک یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتداری کردن.

٨ئێوە ئاوا مەکەن، وەک ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لێرە دەیکەین، کە هەرکەسە بەو شێوەیەی خۆی دەکات کە ڕاستە لەپێش چاوی، ٩چونکە هێشتا نەچوونەتە ناو شوێنی حەسانەوە و میرات کە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانداتێ. ١٠بەڵام لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە و لەو خاکە نیشتەجێ دەبن کە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانداتێ بە میرات و ئێوە دەحەسێنێتەوە لە هەموو دوژمنەکانتان کە لە دەوروبەرتانن و ئینجا بە ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبن، ١١ئەوا ئەو شوێنەی خوداتان هەڵیدەبژێرێت هەتا ناوی لەوێ بێت، بۆ ئەوێ هەموو ئەو شتانە هەڵدەگرن کە من فەرمانتان پێ دەکەم، قوربانی سووتاندن و سەربڕاو و دەیەکەکان و بەخشینی بەرزکراوە و هەموو هەڵبژێردراوی نەزرەکانتان کە بۆ یەزدانی دەکەن. ١٢لەوێ لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان دڵخۆش دەبن، ئێوە و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەرەکانتان، هەروەها ئەو لێڤییانەش کە لە دەروازەی شارۆچکەکانتانن، چونکە نە بەش و نە میراتیان لەگەڵتاندا نییە. ١٣ئاگاداربن قوربانی سووتاندنەکانتان پێشکەش مەکەن لە هەر شوێنێک کە دەیبینن، ١٤بەڵکو لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت لە یەکێک لە هۆزەکانتان، لەوێ قوربانی سووتاندنەکانتان پێشکەش دەکەن و لەوێ هەموو ئەوانە دەکەن کە من فەرمانتان پێدەدەم.

١٥بەڵام لە هەموو ئەوانەی حەزتان بۆی دەچێت سەردەبڕن و گۆشت دەخۆن لە هەموو شارۆچکەکانتان بەگوێرەی ئەو بەرەکەتەی یەزدانی پەروەردگارتان کە پێیداون، کەسی گڵاو و پاک بەپێی ڕێوڕەسم لێی دەخۆن وەک مامز و ئاسک. ١٦بەڵام خوێن ناخۆن، وەک ئاو دەیڕێژنە سەر زەوی. ١٧بۆتان نییە لە شارۆچکەکانتاندا دەیەکی دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتەکەتان بخۆن، هەروەها لە نۆبەرەی مانگا و مەڕتان و نە هیچ شتێک لە نەزرەکانتان کە نەزریان دەکەن و لە بەخشینە ئازاد و بەرزکراوەکانتان، ١٨بەڵکو لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان دەیخۆن لەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت،

[a] ٥ هەتا سەردەمی حەزرەتی سلێمان، پەرستگایەک بۆ یەزدان دروستنەکرابوو. بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ٥:١٧.

[b] ٦ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێک و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

[c] ٦ بەخشینی ئازاد: بڕوانە دەرچوون ٢٩:٣٥ و ٣:٣٦.

خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەرەکانتان، هەروەها لێڤییەکانی شارۆچکەکانتان، لەبەردەم یەزدانی پەروەردگاریشتان بە هەموو ئەوانەی دەستتان پێی دەگات دڵخۆش دەبن. [١٩]ئاگاداربن لەوەی لێڤی پشت گوێ بخەن بە درێژایی ڕۆژانی ژیانتان لەسەر خاکەکەتان.

[٢٠]کاتێك یەزدانی پەروەردگاری خۆتان سنووری فراوان کردن وەك لەگەڵتاندا دوا و ئێوەش گوتتان «گۆشت دەخۆین،» چونکە حەزتان بۆ گۆشت خواردن چوو، ئەوا چەند حەزتان بۆی دەچێت لە گۆشت دەخۆن. [٢١]ئەگەر ئەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت هەتا ناوی خۆی لێ دابنێت لێتانەوە دوور بوو، ئەوە لەو مانگا و مەڕانەی یەزدان پێتانی داوە سەری ببڕن وەك فەرمانم پێکردن و لە شارۆچکەکانتاندا لە هەموو ئەوانەی حەزتان بۆی چوو بخۆن. [٢٢]وەك چۆن مامز و ئاسك دەخورێت ئاوا دەیخۆن، کەسی گڵاو و پاك بەپێی ڕێوڕەسم وەك یەك لێی دەخۆن، [٢٣]بەڵام ئاگاداربن خوێن نەخۆن، چونکە خوێن ژیانەکەیە، جا ژیانەکە لەگەڵ گۆشتەکە مەخۆن، [٢٤]نایخۆن، وەك ئاو لەسەر زەوی دەیڕێژن، [٢٥]نایخۆن هەتا چاکە بێتە ڕێی خۆتان و منداڵەکانتان لەدوای خۆتان، چونکە ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاستە، ئەوە دەکەن.

[٢٦]بەڵام شتە تەرخانکراوەکانتان کە هی ئێوەن و نەزرەکانتان هەڵدەگرن و دەچنە ئەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت، [٢٧]جا قوربانی سووتاندنەکانتان، گۆشتەکە و خوێنەکە لەسەر قوربانگای یەزدانی پەروەردگارتان دەکەن، بەڵام قوربانییە سەربڕدراوەکانتان، خوێنەکەی لەتەنیشتی قوربانگای یەزدانی پەروەردگارتان دەڕژێنرێن و گۆشتەکەش دەخۆن، [٢٨]هۆشیار بن هەموو ئەو وشانەی من فەرمانتان پێدەدەم گوێڕایەڵی بن، هەتا بۆ خۆتان و منداڵەکانتان لەدوای خۆتان چاکە بێتە ڕێتان هەتاهەتایە، کاتێك ئەوەی لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگارتان چاکە و ڕاستە دەیکەن.

[٢٩]یەزدانی پەروەردگارتان لەبەردەمتاندا ئەو نەتەوانەی لەناو دەبات کە ئێوە خەریکن بۆیان دەچن هەتا دەریانبکەن. بەڵام کاتێك ئێوە دەریاندەکەن و لە خاکەکەیان نیشتەجێ دەبن، [٣٠]دوای ئەوەی لەبەردەمتان لەناودەبردرێن، ئاگاداربن لەوەی نەکەونە داوەوە و سەبارەت بە خوداوەندەکانیان پرسیار مەکەن: «ئەو نەتەوانە چۆن خوداوەندەکانیان دەپەرست؟ ئێمەش ئاوا دەکەین.» [٣١]بۆ یەزدانی پەروەردگارتان ئاوا مەکەن، چونکە ئەوان هەموو ئەو شتانەی قێزەونە لەلای یەزدان لەوەی ڕقی لێیەتی بۆ خوداوەندەکانیان کردووە، چونکە تەنانەت کوڕان و کچانی خۆشیان بە ئاگر سووتاندووە بۆ خوداوەندەکانیان.

[٣٢]هەموو ئەو قسانەی کە فەرمانم پێکردن، ئاگاداربن بیکەن، نە بۆی زیاد بکەن و نە لێی کەم بکەنەوە.

## پەرستنی خودای دیکە

١٣ ئەگەر لەنێوتاندا پێغەمبەرێك یان خەونبینێك کە خەونێکی بینیبێت دەرکەوت و نیشانەیەك یان پەرجوویەکی پێدان، [٢]جا ئەگەر ئەو نیشانەیە یان ئەو پەرجووە کە بۆ ئێوەی باسکرد ڕوویدا و گوتی، «با بەدوای خودای دیکە بکەوین و بیانپەرستین،» ئەو خوداوەندانەی کە نەتانناسیوە، [٣]ئەوا گوێ لە قسەی ئەو پێغەمبەرە یان ئەو خەونبینە مەگرە کە ئەو خەونەی بینیوە، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان تاقیتان دەکاتەوە تاکو بزانێت ئایا ئێوە پڕ بە دڵ و لە ناخەوە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشدەوێت یان نا. [٤]بەدوای یەزدانی پەروەردگارتان دەڕۆن و لەو دەترسن و فەرمانەکانی دەپارێزن و گوێڕایەڵی دەبن و ئەو دەپەرستن و دەستی پێوە دەگرن. [٥]ئەو پێغەمبەرەش یان ئەو خەونبینەی ئەو خەونەی بینیوە دەکوژرێت، چونکە بە چەواشەکاری قسەی کرد لە دژی یەزدانی پەروەردگارتانەوە کە لە خاکی میسرەوە دەریهێنان و لە ماڵی کۆیلەیی کڕینیەوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایە لات بدات کە یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ

کردوون لەسەری بڕۆن. جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن.

[٦]ئەگەر براکەت، کوڕی دایکت، یان کوڕەکەت یان کچەکەت، یان ژنەکەی باوەشت، یان هاوڕێکەت کە وەك خۆتە بە نهێنی لەبن گوێت خوێندی و گوتی، «دەڕۆین و خودای دیکە دەپەرستین،» ئەو خوداوەندانەی کە نە تۆ و نە باوباپیرانت نەیانناسیوە، [٧]لە خوداوەندەکانی ئەو گەلانەی دەوروبەرت، ئەوانەی لێتەوە نزیکن یاخود دوورن لەوپەڕی زەوی هەتا ئەوپەڕی، [٨]لەگەڵی ڕەزامەند مەبە و گوێی لێ مەگرە. دڵت پێی نەسووتێت و دەستی لێ مەپارێزە و بۆی دامەپۆشە، [٩]بەڵکو بە دڵنیاییەوە بیکوژە، یەکەم جار دەستی تۆ لەسەری بێت بۆ کوشتنی ئینجا لە کۆتاییدا دەستی هەموو گەل. [١٠]بەردبارانی دەکەیت هەتا دەمرێت، چونکە ویستی لە یەزدانی پەروەردگارت تۆ لابدات کە لە خاکی میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنایت. [١١]ئەوسا هەموو ئیسرائیل دەبیستن و دەترسن و جارێکی دیکە هیچ کەسێك لەنێوتان وەك ئەم بەدکارییە ئەنجام نادات.

[١٢]ئەگەر سەبارەت بە یەکێك لەو شارۆچکانەی یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات هەتا تێیدا نیشتەجێ بن وتەیەکتان بیست، [١٣]کە خەڵکانێکی بەدکار لەنێوتاندا سەریان هەڵداوە و دانیشتووانی شارۆچکەیان گومڕا کردووە و دەڵێن، «دەچین و خودای دیکە دەپەرستین،» ئەو خوداوەندانەی کە نەتانناسیون، [١٤]ئێوە لێی بکۆڵنەوە و بگەڕێن و باش پرسیار بکەن. ئەگەر زانیتان بابەتەکە ڕاستە و بێگومانە کە ئەو کارە قێزەونە لەنێوتاندا کراوە، [١٥]ئەوا بە شمشێر تەواوی دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە بکوژن و قڕیان بکەن،[a] بە هەموو ئەو شتانەوەش کە تێیدایە و بە ئاژەڵە ماڵییەکانیشییەوە. [١٦]هەموو شتومەکەکانی لە گۆڕەپانی شارۆچکەکەدا کۆدەکەنەوە و هەموو شارۆچکەکە و شتومەکەکانی وەك قوربانی سووتاندنێکی تەواو بۆ یەزدانی پەروەردگارتان دەسووتێنن، جا بۆ هەتاهەتایە دەبێتە گردێکی وێران و جارێکی دیکە بنیاد نانرێتەوە. [١٧]نابێت هیچ شتێکی تەرخانکراو بۆ قڕکردن لەلای ئێوە ببینرێتەوە، هەتا گڕی تووڕەییەکەی یەزدان دابمرکێتەوە، بەزەیی پێتان دێتەوە و لەگەڵتان میهرەبان دەبێت و زۆرتان دەکات هەروەك سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد، [١٨]ئەگەر گوێڕایەڵی دەنگی یەزدانی پەروەردگارتان بوون بۆ پاراستنی هەموو فەرمانەکانی کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەدەم هەتا ئەوەی لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگارتان ڕاستە بیکەن.

## خواردنی پاك و گڵاو

١٤ ئێوە ڕۆڵەی یەزدانی پەروەردگارتانن، لەشی خۆتان بریندار مەکەن و ناوچەوانتان مەتاشن لەبەر مردوو، [٢]چونکە ئێوە گەلێکی پیرۆزن بۆ یەزدانی پەروەردگارتان و یەزدانیش ئێوەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببنە گەنجینەیەکی تایبەت بۆ ئەو لە سەرووی هەموو ئەو گەلانەی لەسەر ڕووی زەویدان.

[٣]هیچ شتێکی قێزەون مەخۆن. [٤]ئەمە ئەو ئاژەڵانەن کە دەیخۆن، گا و مەڕ و بزن، [٥]ئاسك و مامز و ئاسکە سوورە و بزنەکێوی و کەڵەکێوی و ئاسکەکێوی و مەڕەکێوی، [٦]هەر ئاژەڵێك کە سمی دوو کەرت بێت و کاوێژ بکات، ئەوە دەخۆن، [٧]تەنها ئەمانە ناخۆن لەوانەی کاوێژ دەکەن و سمیان دوو کەرتە، وشتر و کەروێشك و گۆڕهەڵکەنە، چونکە کاوێژ دەکەن، بەڵام سمیان کەرت نییە، لەبەر ئەوە بەپێی ڕێوڕەسمی ئایینی بۆتان گڵاوە. [٨]هەروەها بەرازیش، چونکە سمی کەرت کراوە، بەڵام کاوێژ ناکات، لەبەر ئەوە بەپێی ڕێوڕەسمی ئایینی بۆتان گڵاوە، نە گۆشتیان بخۆن و نە دەست لە کەلاکیان[b] بدەن.

[a] ١٥ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[b] ٨ کەلاکیان: واتە لاشەی مردوو یان سەربڕاو.

[٩]لە هەموو ئەوانەی لەناو ئاوەکانیشن ئەمانە دەخۆن، هەموو ئەوانەی باڵ و پوولەکەیان هەبێت دەیخۆن، [١٠]بەڵام هەموو ئەوەی باڵ و پوولەکەی نەبێت نەیخۆن، بۆ ئێوە گڵاوە.

[١١]هەموو باڵندەیەکی پاك دەخۆن، [١٢]بەڵام ئەمانەیان لێ ناخۆن، هەڵۆ و سیسارکە کەچەڵ و داڵاش، [١٣]واشەی سوور و واشەی ڕەش، هەموو جۆرەکانی شاهین و شمقاڕ، [١٤]هەموو جۆرەکانی قەلەڕەش، [١٥]کوندەپەپووی شاخدار و بایەقووش، مەلی دەریا، هەموو جۆرەکانی باز، [١٦]کوندەپەپووی بچووك و کوندەپەپووی گەورە و کوندەپەپووی سپی و [١٧]کوندەپەپووی بیابان، واشەی ماسیگر، مەلی ماسیگرە، [١٨]لەقلەق و هەموو جۆرەکانی شاهۆ و پەپوولەسلێمانکە و شەمشەمەکوێرە.

[١٩]هەموو مێرووێکی باڵدار بۆ ئێوە گڵاوە و ناخورێت. [٢٠]هەموو باڵندەیەکی پاك دەخۆن.

[٢١]هیچ ئاژەڵێکی مرداربووەوە مەخۆن، بیدەن بەو نامۆیانەی لە هەر شارۆچکەیەکتان دەژیێن، ئەوان دەیخۆن، یان بیفرۆشنە بیانییەکان، چونکە ئێوە گەلێکی پیرۆزن بۆ یەزدانی پەروەردگارتان.

هیچ کاریلەیەك بە شیری دایکی لێمەنێن.

## دەیەکەکان

[٢٢]هەموو بەروبوومی کشتوکاڵتان کە ساڵ بە ساڵ لە کێڵگەکانتان وەبەردێت، بە تەواوی دەیەکی لێ دەخەنەلاوە. [٢٣]لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان لەو شوێنەی هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی ناوی لەوێ بێت، دەیەکی دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتەکەتان و نۆبەرەکانی مانگا و مەڕەکانتان دەخۆن، تاکو فێر بن هەردەم لە یەزدانی پەروەردگارتان بترسن[a]. [٢٤]بەڵام ئەگەر ڕێگاکە بۆتان دوور بوو و یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتداری کردبوون و نەتانتوانی دەیەکەکەتان بهێنن، چونکە ئەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی ناوی لەوێ بێت لێتان دوور بوو، [٢٥]ئەوا بە زیو بیفرۆشن و زیوەکە بپێچنەوە لە دەستتان و بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت. [٢٦]جا زیوەکە خەرج بکەن لە هەموو ئەوەی حەزتان بۆی دەچێت، لە مانگا و مەڕ و شەراب و مەی و هەموو ئەوەی گیانتان لێتان داوا دەکات و لەوێ لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان بیخۆن و ئێوە و ماڵەکانتان دڵخۆش بن. [٢٧]ئەو لێڤییانەش کە لە شارۆچکەکانتانن بەجێیان مەهێڵن، چونکە بەش و میراتیان لەگەڵ ئێوەدا نییە.

[٢٨]لە کۆتایی هەر سێ ساڵێکدا هەموو دەیەکی بەروبوومی ئەو ساڵەتان دەربهێنن و لەناو شارۆچکەکانتان دایبنێن، [٢٩]لێڤییەکانیش کە هیچ بەش و میراتیان لەگەڵ ئێوەدا نییە، لەگەڵ ئەو نامۆ و هەتیو و بێوەژنانەی کە لە شارۆچکەکانتانن بێن و بخۆن و تێر ببن، بۆ ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان لە هەموو کردارێکی دەستتان کە دەیکەن بەرەکەتدارتان بکات.

## ساڵی بەتاڵکردنەوەی قەرزەکان

١٥ لە کۆتایی حەوت ساڵیش ساڵی بەتاڵکردنەوەی قەرزەکانە. [٢]ئەمەش چۆنیەتی بەتاڵکردنەوەیە، هەموو خاوەن قەرزەکان پێویستە لەو قەرزەی بە نزیکەکەی داوە بەتاڵی بکاتەوە. لە نزیکەکەی یان براکەی داوا ناکاتەوە، چونکە کاتی یەزدان بۆ بەتاڵکردنەوەی قەرزەکان بانگەواز کراوە. [٣]لە بیانی داوا دەکرێت، بەڵام ئەو قەرزەی لەلای براکەت هەتبوو، ئەوا پێویستە بەتاڵی بکەیتەوە. [٤]هەرچەندە پێویستە لەنێوتان کەس هەژار نەبێت، چونکە یەزدان بەرەکەتدارتان دەکات لەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات هەتا وەك میرات دەستی بەسەردا بگرن، [٥]ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان بوون، هەتا هەموو ئەو فەرمانانەی من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، بپارێزن و کاریان پێ بکەن. [٦]یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتدارتان دەکات وەك بەڵێنی پێدان، جا قەرز بە زۆربەی نەتەوەکان دەدەن و ئێوە

[a] ٢٣ مەبەست لە پەرستنە.

قەرز ناکەن، بەسەر زۆربەی نەتەوەکاندا دەسەڵاتتان دەبێت و ئەوان بەسەرتانەوە دەسەڵاتدار نابن.

[٧]ئەگەر هەژارێك لەنێوتان بوو، یەکێك لە برایانتان لە شارۆچکەیەکی خاکەکەتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات، ئەوا دڵتان ڕەق مەکەن و لە ئاست برا هەژارەکانتان دەستتان دامەخەن، [٨]بەڵکو دەستتانی بۆ بکەنەوە و ئەوەی پێویستییەتی بە قەرز بیدەنێ. [٩]ئاگاداربن لەوەی بیرێکی خراپتان لە دڵدا بێت و بڵێن، «ئەوا ساڵی حەوتەم نزیك بووەتەوە، ساڵی بەتاڵکردنەوەی قەرزەکانە،» ئیتر بە خراپی ڕەفتار لەگەڵ هەژار بکەن و نەیدەنێ، جا ئەویش بۆ یەزدان هاوار دەکات سەبارەت بە ئێوە و دەبێتە گوناه بەسەرتانەوە. [١٠]بە دڵفراوانییەوە پێی ببەخشن و با بە نابەدڵی نەبێت کاتێك دەیدەنێ، چونکە بەهۆی ئەم شتەوە یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتدارتان دەکات لە هەموو کارەکانتان و لە هەموو ئەوەی دەستی بۆ دەبەن. [١١]لەبەر ئەوەی هەژار لە خاکەکەدا کۆتایی نایەت، بۆیە من فەرمانتان پێدەدەم و دەڵێم: «دەستی یارمەتیتان بکەنەوە بۆ برای نەدارتان و بۆ هەژاران لە خاکەکەتان.»

## ئازادکردنی خزمەتکار

[١٢]ئەگەر برایەك یان خوشکێکی عیبرانیت پێ فرۆشرا و شەش ساڵ خزمەتی کردیت، ئەوا لە ساڵی حەوتەم لەلای خۆت ئازادی دەکەیت. [١٣]کاتێك ئازادیشی دەکەیت، بە دەستبەتاڵی ئازادی ناکەیت. [١٤]بەڵکو بە دڵفراوانییەوە لە مێگەلەکەت و جۆخینەکەت[a] و گوشەرەکەتی[b] پێدەدەیت، بەو شێوەیەی یەزدانی پەروەردگارت بەرەکەتداری کردوویت، پێی دەدەیت. [١٥]لە یادت بێت تۆش لە خاکی میسر کۆیلە بوویت، جا یەزدانی پەروەردگارت تۆی کڕییەوە، بۆیە من ئەمڕۆ فەرمانی ئەمەت پێ دەکەم.

[١٦]بەڵام ئەگەر گوتی، «واز لە تۆ ناهێنم،» چونکە خۆت و ماڵەکەتی خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی لەلای تۆ لە خۆشیدا بووە، [١٧]ئەوا درێشە ببە و لەلای دەرگاکە گوێی کون بکە، جا بۆ هەتاهەتایە دەبێتە کۆیلەت، ئاواش بۆ کارەکەرەکەت دەکەیت.

[١٨]بە لاتەوە گران نەبێت خزمەتکارەکەت ئازاد بکەیت، چونکە شەش ساڵ خزمەتی کردوویت، دوو هێندەی کرێگرتەیەك، جا یەزدانی پەروەردگارت بەرەکەتدارت دەکات لە هەموو ئەوەی کە دەیکەیت.

## نۆبەرە ئاژەڵەکان

[١٩]هەموو نۆبەرەیەکی نێرینەی مانگا و مەڕەکانت بۆ یەزدانی پەروەردگارت تەرخان دەکەیت، کار بە نۆبەرەی مانگاکەت مەکە و خوری نۆبەرەی مەڕەکانت مەبڕەوە. [٢٠]ساڵ بە ساڵ لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارت دەیخۆیت لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت، خۆت و ماڵەکەت. [٢١]بەڵام ئەگەر ئاژەڵێك کەموکوڕییەکی تێدابێت، وەك شەلی یان کوێری، هەر کەموکوڕییەکی خراپ، ئەوا بۆ یەزدانی پەروەردگارت سەری مەبڕە، [٢٢]لە شارۆچکەی خۆتدا دەیخۆیت، کەسی گڵاو و پاك بەپێی ڕێوڕەسم وەك یەك، وەك چۆن مامز و ئاسك دەخۆن. [٢٣]بەڵام خوێنەکەی نەخۆیت، وەك ئاو دەیڕێژیتە سەر زەوی.

## جەژنی پەسخە

١٦ مانگی ئاڤیڤ بپارێزن و جەژنی پەسخە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان بکەن، چونکە لە مانگی ئاڤیڤدا یەزدانی پەروەردگارتان بە شەو لە میسر دەریهێنان. [٢]جا لە جەژنی پەسخە مانگا و مەڕ بۆ یەزدانی پەروەردگارتان سەردەبڕن، لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی ناوی لەوێ بێت.

---

[a] ١٤ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[b] ١٤ گوشەرەکەتی: بەرهەمەکەی ئاوی ترێیە، بڕوانە سەرژمێری ٢٧:١٨.

٣ هیچ نانێکی بە هەویرترشی[a] لەگەڵ نەخۆن، حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆن، نانی تەنگانە، چونکە بە پەلە لە خاکی میسر هاتنە دەرەوە، هەتا هەموو ڕۆژانی ژیانتان، ڕۆژی هاتنەدەرەوەتان لە خاکی میسر لە یاد بێت. ٤ لە هەموو سنوورەکانتان نابێت هەویرترش ببینرێت بۆ حەوت ڕۆژ و نابێت هیچ لەو گۆشتەی ئێوارە کە ڕۆژی یەکەم سەری دەبڕن بۆ بەیانی بمێنێتەوە.

٥ بۆتان نییە قوربانی جەژنی پەسخە لە یەکێك لە شارۆچکەکانتان سەرببڕن کە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانداتێ، ٦ بەڵکو لەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت هەتا ناوی لەوێ بێت، لەوێ قوربانی پەسخە سەردەبڕن لە ئێوارە، دەمەو خۆر ئاوابوون، لە کاتی یادکردنەوەی ساڵانەی هاتنەدەرەوەتان لە میسر. ٧ لەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت، لێی دەنێن و دەیخۆن و ئینجا بۆ بەیانی دەگەڕێنەوە چادرەکانتان. ٨ شەش ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆن و ڕۆژی حەوتەمیش ئاهەنگی کۆتایی دەگێڕن بۆ یەزدانی پەروەردگارتان، هیچ کارێکی تێدا ناکەن.

## جەژنی هەفتەکان

٩ حەوت هەفتە دەژمێرن بۆ خۆتان، لە دەستپێکردنی دروێنەی دەغڵ دەستپێدەکەیت. ١٠ جەژنی هەفتەکان[b] بۆ یەزدانی پەروەردگارتان دەگێڕن، بەگوێرەی ئەوەی لە دەستتان دێتەدەر بەخشینێکی ئازاد دەبەخشن، وەك ئەوەندەی یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتداری کردوون. ١١ جا خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەرەکانتان، هەروەها ئەو لێڤییانەی کە لە شارۆچکەکانتانن و ئەو نامۆ و هەتیو و بێوەژنانەی کە لەنێوتانن لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان دڵخۆش دەبن، لەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت هەتا ناوی لەوێ بێت. ١٢ لە یادتان بێت ئێوەش لە میسر کۆیلە بوون، بۆیە ئەو فەرزانە بەجێدەهێنن و پەیڕەویان دەکەن.

## جەژنی کەپرەشینە

١٣ حەوت ڕۆژان جەژنی کەپرەشینە بۆ خۆتان دەکەن، کاتێك بەرهەم لە جۆخین و گوشەرەکەتان[c] کۆدەکەنەوە. ١٤ جا بە جەژنەکەتان خۆتان و کوڕ و کچ و خزمەتکار و کارەکەرەکانتان، هەروەها ئەو لێڤی و نامۆ و هەتیو و بێوەژنانەی لە شارۆچکەکانتاندان دڵخۆش دەبن. ١٥ حەوت ڕۆژان بۆ یەزدانی پەروەردگارتان جەژن دەگێڕن لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان بەرەکەتدارتان دەکات لە هەموو بەروبوومێك و لە هەموو کردارێکی دەستتان، جا بێگومان دڵخۆش دەبن.

١٦ سێ جار لە ساڵێکدا هەموو نێرینەکانتان لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان ئامادە دەبن، لەو شوێنەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت: لە جەژنی فەتیرە و جەژنی هەفتەکان و جەژنی کەپرەشینە. نابێت بە دەستبەتاڵی لەبەردەم یەزدان ئامادە بن، ١٧ بەپێی ئەو بەرەکەتەی یەزدانی پەروەردگارت پێت دەبەخشێت، هەریەکە بەگوێرەی ئەوەی لە دەستی دێتەدەر.

## دادوەران

١٨ دادوەران و کوێخاکان بۆ خۆتان دادەنێن لە هەموو شارۆچکەکانتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات بەگوێرەی هۆزەکانتان، جا ئەوانیش دادوەرییەکی ڕاستودروست بۆ گەل دەکەن. ١٩ دادوەری خوار مەکەنەوە و لایەنگری کەس مەکەن و بەرتیل وەرمەگرن، چونکە بەرتیل چاوی داناکان کوێر دەکات و قسەی ڕاستودروستان خوار دەکات. ٢٠ دادوەری پەیڕەو دەکەن و تەنها دادوەری، هەتا

[a] ٣ هەویرترش: لە جیاتی خومرە بۆ هەوێن بەکارهاتووە.

[b] ١٠ جەژنی هەفتەکان، هەروەها وەك جەژنی دروێنەش ناسراوە (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٣)، ٥٠ ڕۆژ دوای جەژنی فەتیرە بووە، کە دەکاتە حەوت هەفتە.

[c] ١٣ گوشەرەکەتان: بەرهەمەکەی ئاوی ترێیە، بڕوانە سەرژمێری ٢٧:١٨.

بژین و دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرن کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات.

## پەرستنی خودایەکی دیکە

[٢١]هیچ ستوونە ئەشێرایەك لە هیچ دارێك بۆ خۆتان ناچێنن لەتەنیشت قوربانگاکەی یەزدانی پەروەردگارتانەوە کە بۆ خۆتان دروستی دەکەن، [٢٢]هیچ بەردێکی تەرخانکراو بۆ خۆتان ڕامەگرن، ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان ڕقی لێیەتی.

١٧ بۆ یەزدانی پەروەردگارتان گایەك یان بەرخێك سەرمەبڕن کە کەموکوڕییەك یان شتێکی خراپی تێدابێت، چونکە ئەوە قێزەونە لەلای یەزدانی پەروەردگارتان.

[٢]ئەگەر لەنێوتان، لە یەکێك لە شارۆچکەکانتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات، پیاوێك یان ئافرەتێك بینرایەوە خراپە لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگارتان دەکات، بە شکاندنی پەیمانەکەی و [٣]دەڕوات و خودای دیکە دەپەرستێت و کڕنۆشی بۆ دەبات، یان بۆ خۆر یان بۆ مانگ یان بۆ هەر یەکێك لە ئەستێرەکانی ئاسمان، ئەو شتەی کە فەرمانم پێی نەداوە. [٤]جا پێتان ڕاگەیەنرا و بیستتان و باش لێتان کۆڵییەوە و تاوانبارکردنەکە ڕاست بوو و بێگومان ئەو کارە قێزەونە لە ئیسرائیل کرابوو، [٥]ئەوا ئەو پیاوە یان ئەو ئافرەتەی ئەو بەدکارییەی کردووە، دەریبکەن بۆ لای دەروازەی شارەکەتان و بەردبارانی بکەن هەتا دەمرێت. [٦]ئەوەی بکوژرێت لەسەر زاری دوو شایەت یان سێ شایەت دەکوژرێت، نابێت لەسەر زاری یەك شایەت بکوژرێت. [٧]یەکەم جار دەستی شایەتەکانی بەسەرەوە دەبێت بۆ کوشتنی پاشان دەستی هەموو گەل، جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن.

## دادگا

[٨]ئەگەر داوایەکتان بەلاوە سەخت بوو لە بڕیاردان، چ لە تاوانی ڕووداوی کوشتن یان داواکاری ماف یان پەلاماردان، لە کاروباری ناکۆکی لە دادگاکانتان، ئەوا هەستن و بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت. [٩]بڕۆنە لای کاهینە لێڤییەکان و لای ئەو دادوەرەی لەو ڕۆژانەدایە و بپرسن، جا حوکمی بڕیارەکەتان پێ ڕادەگەیەنن. [١٠]دەبێت ئەو بڕیارەی کە پێتانی ڕادەگەیەنن جێبەجێی بکەن، لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت. ئاگاداربن لەوەی ڕێك ئەوە بکەن کە فێرتان دەکەن. [١١]بەپێی ئەو ڕێنماییە فێرتان دەکەن و ئەو حوکمەی پێتانی دەڵێن، وا دەکەن، لەو شتانە لامەدەن کە پێتانی ڕادەگەیەنن، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپ. [١٢]ئەو پیاوەش کە بە لووتبەرزییەوە دەجوڵێتەوە و گوێ ناگرێت لەو کاهینەی لەوێ ڕاوەستاوە بۆ ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستێت، یان گوێ لە دادوەرەکە ناگرێت، ئەوا ئەو پیاوە دەکوژرێت و خراپەکە لە ئیسرائیلدا دادەماڵرێت. [١٣]جا هەموو گەل دەبیستن و دەترسن و لەپاش ئەوە لووتبەرزانە ناجوڵێنەوە.

## پاشاکە

[١٤]کاتێك هاتنە ئەو خاکەی کە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانداتێ و دەستتان بەسەردا گرت و تێیدا نیشتەجێ بوون، جا ئەگەر بڵێن، «پاشایەك بۆ خۆمان دادەنێین وەك هەموو ئەو نەتەوانەی دەوروبەرمان،» [١٥]ئەوا ئەو پاشایە بۆ خۆتان دادەنێن کە یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت، یەکێك لە براکانتان بۆ خۆتان دەکەنە پاشا، بۆتان نییە یەکێکی بێگانە دابنێن کە ئیسرائیلییەکی براتان نییە. [١٦]بەڵام با ئەو پاشایە ئەسپ بۆ خۆی زۆر نەکات و گەل نەنێرێتەوە بۆ میسر، بۆ ئەوەی ئەسپی زۆرتر بەدەستبهێنێت، چونکە یەزدان پێی فەرموون: «نەکەن جارێکی دیکە بەو ڕێگایەدا بگەڕێنەوە.» [١٧]هەروەها با ژن بۆ خۆی زۆر نەکات، نەوەك دڵی لابدات و با زێڕ و زیویش بۆ خۆی گەلێك زۆر نەکات. [١٨]کاتێك لەسەر تەختی پاشایەتییەکەشی دادەنیشێت، با وێنەیەك لەم فێرکردنە لە پەڕتووکێك لەلای کاهینە لێڤییەکان بۆ خۆی بنووسێتەوە. [١٩]جا

بە درێژایی ژیانی لەلای دەبێت و لێی دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی فێر بێت لە یەزدانی پەروەردگاری خۆی بترسێت و هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە و ئەم فەرزانە بەجێبهێنێت هەتا پەیڕەویان بکات. [٢٠]نەوەک بەسەر براکانیدا لووتبەرز بێت، نەوەک لە فەرمانەکان بەلای ڕاست یان بەلای چەپدا لابدات، بۆ ئەوەی درێژە بە ماوەی پاشایەتییەکەی بدات، خۆی و نەوەکانی لەنێو ئیسرائیل.

## پێشکەشکراوەکان بۆ کاهینان و لێڤییەکان

١٨ کاهینە لێڤییەکان و هەموو هۆزی لێڤی بەش و میراتیان لەگەڵ ئیسرائیل نابێت، بەڵکو قوربانییە بە ئاگرەکان بۆ یەزدان بەشی ئەوانە، چونکە ئەمە میراتە بۆیان. [٢]جا لەناو براکانیان میراتیان نابێت، یەزدان میراتی ئەوانە وەک بەڵێنی پێدان.

[٣]ئەمەش مافی کاهین دەبێت لەسەر گەل، لەوانەی قوربانی سەردەبڕن، جا گا بێت یان مەڕ[a]، شان و شەویلاکی خوارەوە بە چەناگە و هەردوو ڕوومەتەوە و گەدە بە کاهین دەدرێن. [٤]هەروەها یەکەمین بەرهەمی دانەوێڵە و شەرابی تازە و زەیت و یەکەم بڕینەوەی خوری مەڕەکانتانی پێدەدەن، [٥]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لەناو هەموو هۆزەکانتان هەڵیبژاردن هەتا بوەستن بۆ خزمەتکردن بە ناوی یەزدانەوە، خۆیان و کوڕەکانیان هەتاهەتایە.

[٦]ئەگەر لێڤییەک لە هەر یەکێک لە شارۆچکەکانی ئیسرائیل، لەو شوێنەی دەژییێت و پڕ بە دڵی خۆی هات بۆ ئەو شوێنەی کە یەزدان هەڵیدەبژێرێت و [٧]بە ناوی یەزدانی پەروەردگارییەوە خزمەتی کرد، وەک هەموو برا لێڤییەکانی کە لەوێ لەبەردەم یەزدان وەستاون، [٨]ئەوا بەشیان یەکسان دەبێت لە خواردن، بێجگە لەوەی لە میراتی خێزانەکەی دەفرۆشرێت.

## نەریتە قێزەونەکان

[٩]کاتێک چوونە ناو ئەو خاکەی کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات، فێر مەبن وەک نەریتە قێزەونەکانی ئەو نەتەوانە بکەن. [١٠]ئەوانەتان تێدا نییە کە کوڕەکەی یان کچەکەی وەک قوربانی بسووتێنێت، هەروەها نە ئەوانەی فاڵگرتنەوە دەکەن و نە بەخت خوێندنەوە و نە جادووگەری و نە سیحربازی، [١١]نە ئەوانەی نوشتە دەکەن و نە ئەوانەی نێوانگرن[b] و نە ئەوانەی ڕۆح ئامادەکارن[c] و نە ئەوانەی ڕاوێژ بە مردووان دەکەن، [١٢]چونکە هەرکەسێک ئەم نەریتانە پەیڕەو بکات لەلای یەزدان قێزەونە، هەر بەهۆی ئەم نەریتە قێزەونانەیە یەزدانی پەروەردگارتان نەتەوەکان لەبەردەمتان ڕاو دەنێت. [١٣]لەلای یەزدانی پەروەردگارتان بێ کەموکوڕی دەبن.

## پێغەمبەرەکە

[١٤]ئەو نەتەوانەی ئێوە جێیان دەگرنەوە گوێ لە بەخت خوێنەر و فاڵگرەوان دەگرن، بەڵام بۆ ئێوە یەزدانی پەروەردگارتان بەم شێوەیە ڕێی نەداوە. [١٥]یەزدانی پەروەردگارتان لەنێوتان لە براکانتان پێغەمبەرێکی وەک منتان بۆ دەستنیشان دەکات، گوێی لێ دەگرن. [١٦]بەگوێرەی هەموو ئەو شتانەی لە یەزدانی پەروەردگارتان داوا کرد لە حۆرێڤ لە ڕۆژی کۆبوونەوە و گوتتان: «با ئیتر گوێمان لە دەنگی یەزدانی پەروەردگارمان نەبێت و ئەم ئاگرە مەزنەش نەبینینەوە، نەوەک بمرین.»

[١٧]یەزدانیش پێی فەرمووم: «چاکیان کرد لەوەی گوتیان، [١٨]لەنێو براکانیان پێغەمبەرێکی وەک تۆیان بۆ دادەنێم و وتەکانم دەخەمە دەمی و ئەوەی فەرمانی پێدەدەم ئەو بۆیان پێی دەدوێت. [١٩]جا وا

٣ [a] مەبەستی لە هەر ئاژەڵێکی بچووکە لە مێگەل بێت وەک: مەڕ، بزن، گوێرەکە... هتد.

١١ [b] نێوانگرن: لێرە بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا. بڕوانە لێڤییەکان ١٩:٣١.

١١ [c] ڕۆح ئامادەکارن: بەو کەسانە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکەن. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٣:٢٨ و ٨-٩.

دەبێت ئەو کەسەی گوێ لە وشەکانم نەگرێت کە ئەو بە ناوی منەوە پێی دەدوێت، من لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەم. ٢٠بەڵام ئەو پێغەمبەرەی لووتبەرز دەبێت و بە ناوی منەوە قسەیەك دەكات کە من فەرمانم پێی نەکردووە بیکات، یان ئەوەی بە ناوی خودای دیکەوە قسە بکات، ئەو پێغەمبەرە دەبێت بمرێت.»

٢١ئەگەر لە دڵتانەوە بڵێن، «چۆن ئەو قسەیە بزانین کە یەزدان نەیفەرمووە؟» ٢٢ئەوا ئەوەی پێغەمبەرێك بە ناوی یەزدانەوە قسەی پێکردووە و ڕووی نەدا و نەبوو، ئەوە ئەو قسەیەیە کە یەزدان نەیفەرمووە، بەڵکو ئەو پێغەمبەرە بە لووتبەرزییەوە گوتوویەتی، جا لێی مەترسن.

## شارەکانی پەناگا

١٩ کاتێك یەزدانی پەروەردگارتان ئەو نەتەوانەی قڕکرد کە یەزدانی پەروەردگارتان خاکەکەیانتان دەداتێ و کاتێك دەرتانکردن و لە شار و ماڵەکانیان نیشتەجێ بوون، ٢سێ شار لە ناوەڕاستی خاکەکەتان بۆ خۆتان جیا دەکەنەوە کە یەزدانی پەروەردگارتان دەتانداتێ هەتا دەستی بەسەردا بگرن. ٣ڕێگا دروستدەکەن و ئەو خاکەی کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتانداتێ، دەیکەن بە سێ بەشی سنووردار، تاکو ئەو کەسەی کەسێك بکوژێت بۆ ئەوێ هەڵبێت.

٤ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە، ئەگەر کەسێك بەبێ ئەنقەست لە هاوڕێکەی دا کە پێشتر ناحەزی ئەو نەبووە، بۆ ئەوێ هەڵدێت، ئیتر دەژییێت. ٥بۆ نموونە، یەکێك لەگەڵ هاوڕێکەی بچێتە ناو دارستان بۆ داربڕین و لە کاتی تەور وەشاندن ئاسنەکە لە داردەستەکە دەرپەڕێت و لە هاوڕێکەی بدات و بمرێت. ئەو کەسە بۆ یەکێك لەو شارانە هەڵدێت و دەژییێت. ٦ئەگینا خوێنگرەکە لە تووڕەییدا بەدوای تۆمەتبارکراوەکە دەکەوێت و بەهۆی دووری ڕێگاکە بۆ شاری پەناگا، لە ڕێگا پێی دەگات و دەیکوژێت، لە کاتێکدا ئەو شایانی مردن نییە، چونکە پێشتر ئەو ناحەزی هاوڕێکەی نەبووە. ٧بۆیە من فەرمانتان پێدەدەم کە سێ شار بۆ خۆتان جیا بکەنەوە.

٨ئەگەر یەزدانی پەروەردگارتان سنووری فراوان کردن وەك سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد و هەموو ئەو خاکەی پێدان کە بەڵێنی بە باوباپیرانتان دا بیانداتێ، ٩چونکە هەموو ئەم فەرمانانەتان پاراست هەتا جێبەجێی بکەن وەك ئەوەی من ئەمڕۆ فەرمانتان پێدەدەم، هەتا یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت و هەموو ڕۆژان ڕێگاکانی بگرنەبەر، ئەوا سێ شاری دیکەش بۆ خۆتان زیاد بکەن لەسەر ئەم سێیە. ١٠ئەوە بکەن بۆ ئەوەی خوێنی بێتاوانێك لەناو خاکەکەتان نەڕژێت کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتانداتێ، جا تاوانی خوێنڕشتنتان لەسەر دەبێت.

١١بەڵام ئەگەر کەسێك ڕقی لە دراوسێکەی بێت و بۆسەی بۆ نایەوە و لێی هەستا و لێدانێکی کوشندەی لێدا و مرد و ئینجا بکوژەکە بۆ یەکێك لەو شارانە هەڵات، ١٢ئەوا پیرانی شارۆچکەکەی خۆی دەنێرن و لەوێ دەیهێننەوە و دەیدەنە دەست خوێنگری تۆڵەسێنەر و دەکوژرێت. ١٣بەزەییتان پێیدا نەیەتەوە، جا تاوانی ڕشتنی خوێنە بێتاوانەکە لە ئیسرائیلدا دادەماڵی و چاکەتان بۆ دەبێت.

١٤سنووری بەردڕێژکراوی زەوی دراوسێکەت مەگوێزەوە کە ئەوانەی یەکەم جار دایانناوە، لەو میراتەی بەرت دەکەوێت لەو زەوییەی یەزدانی پەروەردگارت پێت دەدات هەتا ببیتە خاوەنی.

## شایەتی

١٥یەك شایەت بەس نییە بۆ تاوانبارکردنی کەسێك بە ئەنجامدانی تاوانێك یان هەڵەیەك، لە هەر تاوانێك کە دەیکات. هەر بابەتێك لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی دەسەلمێنرێت.

١٦ئەگەر شایەتێکی درۆ دەرکەوت بۆ ئەوەی بە چەوتی شایەتی لەسەر کەسێك بدات، ١٧ئەوا هەردوو پیاوەکەی ناکۆکییان لەنێوانە، لەبەردەم یەزدان، لەبەردەم کاهینەکان و ئەو دادوەرانەی

لەو ڕۆژانەدان ڕادەوەستن، [١٨]جا ئەگەر دادوەران باش لێیان کۆڵییەوە و زانییان شایەتەکە شایەتێکی درۆزنە و بە درۆ شایەتی لەسەر براکەی داوە، [١٩]ئەوا ئەوەی پێ بکەن کە دەیویست بە براکەی بکات، جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن و [٢٠]ئەوانی دیکە دەبیستن و دەترسن و ئەو کارە خراپە لەنێوتاندا دووبارە ناکرێتەوە. [٢١]بەزەییتان نەبێت، گیان بە گیان، چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ.

## چوون بۆ جەنگ

٢٠ کاتێك دەچن بۆ ئەوەی لە دژی دوژمنەکانتان بجەنگن، ئەسپ و گالیسکە و سوپایەکی لە خۆتان زۆرترتان بینی، لێیان مەترسن، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵتانە کە لە خاکی میسرەوە دەریهێنان. [٢]کاتێك لە جەنگ نزیك دەکەونەوە کاهینەکە دێتە پێش و وتار بۆ گەل دەدات، [٣]پێیان دەڵێت: «ئەی ئیسرائیل گوێ بگرە، ئێوە ئەمڕۆ لە جەنگ لە دژی دوژمنەکانتان نزیك بوونەتەوە، ورەتان نەڕووخێت، لێیان مەترسن و مەتۆقن و سام نەتانگرێت، [٤]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵتان دەڕوات، هەتا بۆ ئێوە لە دژی دوژمنەکانتان بجەنگێت و سەرکەوتووتان بکات.»

[٥]ئینجا کوێخاکان قسە بۆ گەل دەکەن و دەڵێن: «کێ خانوویەکی نوێی بنیاد ناوە و نەیکردووەتەوە، با بڕوات و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی دیکە بیکاتەوە. [٦]کێ ڕەزەمێوێکی چاندووە و لە یەکەم بەری نەخواردووە؟ با بڕوات و بگەڕێتەوە ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی دیکە یەکەم بەری بخوات. [٧]کێ ژنێکی مارە کردووە و نەیگواستووەتەوە، با بڕوات و بگەڕێتەوە ماڵەکەی، نەوەك لە جەنگەکەدا بکوژرێت و پیاوێکی دیکە بیگوازێتەوە.» [٨]ئینجا دووبارە کوێخاکان قسە بۆ گەل دەکەن و دەڵێن: «کێ دەترسێت و ورەی ڕووخاوە؟ با بڕوات و بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی، نەوەك دڵی براکانیشی بتۆقێت وەك خۆی.» [٩]کاتێك کوێخاکان لە قسەکردن لەگەڵ گەل تەواو دەبن، فەرماندەکان بۆ سوپا دادەنێن.

[١٠]کاتێك لە شارێك نزیك دەبنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بجەنگن، بانگی بکەن بۆ ڕێککەوتن. [١١]جا ئەگەر بۆ ئاشتبوونەوە وەڵامی دانەوە و دەرگای بۆ کردنەوە، ئەوا هەموو ئەو گەلەی تێیدان بۆ ئێوە بێگاری[a] و کارت بۆ دەکەن. [١٢]بەڵام ئەگەر ئاشتییان نەویست و لە دژتان جەنگان ئەوا ئابڵوقەی بدەن. [١٣]کاتێك یەزدانی پەروەردگارتان ئەوی دایە دەستتان، ئەوا بە شمشێر لە هەموو پیاوەکانی بدەن، [١٤]بەڵام ئافرەت و منداڵ و ئاژەڵی ماڵی و هەموو شتێکی دیکە کە لەناو شارەکەیە، هەموو تاڵانکردنەکە دەبێتە دەستکەوتتان، ئەو دەستکەوتانەی دوژمنانتان بەکاردەهێنن کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دا. [١٥]ئاوا دەکەن بە هەموو ئەو شارانەی زۆر لە ئێوە دوورن، ئەوانەی لە شارەکانی ئەم گەلانەی ئێرە نین.

[١٦]بەڵام شارەکانی ئەم گەلانەی کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتانداتێ، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵنەوە. [١٧]بەڵکو بە تەواوی لەناویان ببەن[b]، حیتی و ئەموری و کەنعانی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان، هەروەك یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ کردن، [١٨]نەوەك فێرتان بکەن وەك هەموو نەریتە قێزەونەکانیان بکەن کە ئەوان بۆ خوداوەندەکانیان دەیکەن، ئێوەش سەبارەت بە یەزدانی پەروەردگارتان تووشی گوناه دەبن.

[١٩]ئەگەر بۆ چەندین ڕۆژ ئابڵوقەی شارێکتان دا، جەنگتان لە دژی بەرپا کرد هەتا بیگرن، دارەکان بە تەور لەناو مەبەن و مەیانبڕنەوە، چونکە دەتوانن لە بەروبوومیان بخۆن. ئایا داری ڕەز مرۆڤە تاکو

---

[a] ١١ بێگاری: واتە بە زۆرەملێ.

[b] ١٧ بە تەواوی لەناویان دەبەن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

ئابلۆقەی بدەیت؟ [٢٠]بەڵام ئەو دارانەی کە دەزانن لێیان ناخورێن، ئەوا دەتوانن ئەوانە تێکبدەن و بیانبڕنەوە و بۆ دروستکردنی سەنگەر لە دژی ئەو شارەی کە جەنگتان لەگەڵ دەکات هەتا دەکەوێت.

## کەفارەت بۆ نەدۆزینەوەی بکوژ

٢١ ئەگەر کوژراوێك لەو خاکە دۆزرایەوە کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات هەتا دەستی بەسەردا بگرن، لە کێڵگەیەك کەوتبوو و نەزانرا کێ کوشتوویەتی، [٢]ئەوا پیران و دادوەرانتان دەچن و دووری نێوان کوژراوەکە و ئەو شارۆچکانەی دەوروبەری دەپێون. [٣]جا پیرانی نزیکترین شارۆچکە لە کوژراوەکە گوێرەکەیەکی مێینەی سێ ساڵە دەبەن کە هێشتا جووتی پێ نەکرابێت، نیری لەسەر دانەنرابێت. [٤]پاشان پیرانی ئەو شارۆچکەیە گوێرەکەکە بۆ دۆڵێك دەبەنە خوارەوە کە جۆگەیەکی ئاوی لەبەرڕۆیشتووی تێدابێت و نەکێڵرابێت و نەچێنرابێت و لە دۆڵەکە ملی دەشکێنن[a]. [٥]دواتر کاهینەکان، نەوەی لێڤی دێنە پێشەوە، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان ئەوانی هەڵبژاردووە هەتا خزمەتی بکەن و بە ناوی یەزدانەوە داوای بەرەکەت بکەن، جا هەموو ناکۆکی و پەلاماردانێك بەگوێرەی قسەی ئەوان یەکلا دەکرێتەوە. [٦]ئینجا هەموو پیرانی ئەو شارۆچکەیەی کە لە کوژراوەکە نزیکە لە دۆڵەکە دەستیان دەشۆن، لەو شوێنەی کە گوێرەکە ملشکاوەکەی لێیە و [٧]ڕایدەگەیەنن: «دەستەکانمان ئەم خوێنەیان نەڕشتووە و چاوەکانمان نەیانبینیوە. [٨]ئەی یەزدان، کەفارەتی ئیسرائیلی گەلی خۆت بکە کە کڕیتەوە و خوێنێکی بێتاوان مەخەرە ملی ئیسرائیلی گەلەکەت.» جا کەفارەتی ئەو خوێنەیان بۆ دەبێت. [٩]تاوانی ڕشتنی خوێنە بێتاوانەکەش لەنێوتان دادەماڵن، چونکە ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو، ئێوە کردتان.

## هێنانی ژنێکی دیل

[١٠]ئەگەر لە دژی دوژمنەکانت بۆ جەنگ چوویت و یەزدانی پەروەردگارت ئەوانی دا بە دەستت و دیلت لێ گرتن، [١١]لەنێو دیلەکان ئافرەتێکی ڕوخسار جوانت بینی و چووە دڵتەوە و کردتە ژنی خۆت، [١٢]کاتێك دەیهێنیتە ماڵەکەت، سەری دەتاشێت و نینۆکەکانی دەکات، [١٣]جلەکانی دیلێتی لەبەر دادەکەنێت و بۆ ماوەی مانگێك لە ماڵەکەت دەبێت و شیوەن بۆ دایك و باوکی دەگێڕێت، پاش ئەوە دەیگوازیتەوە و بەزاوا دەبیت و دەبێتە ژنت. [١٤]ئەگەر پێی دڵخۆش نەبوویت، بەڕەڵای بکە، بە پارە مەیفرۆشە و هەڵسوکەوتی وەك کۆیلە لەگەڵدا مەکە، چونکە تۆ ئابڕووت بردووە.

## مافی نۆبەرەکە

[١٥]ئەگەر پیاوێك دوو ژنی هەبێت، یەکێکیانی خۆشویست و ئەوی دیکەیانی خۆشنەویست، جا کە هەردووکیان کوڕیان بۆی بوو و نۆبەرەکە هی خۆشەویستەکە نەبوو، [١٦]ئەوا ئەو ڕۆژەی ئەوەی هەیەتی بۆ کوڕەکانی بەش دەکات، بۆی نییە کوڕی خۆشەویستەکە بکات بە نۆبەرە لە جیاتی کوڕە نۆبەرەکە، [١٧]بەڵکو کوڕەکەی لەو ژنەی کە خۆشی ناوێت وەك نۆبەرە دەیناسێت، هەتا دوو بەشی پێبدات لە هەموو ئەوەی هەیەتی، چونکە ئەو کوڕە یەکەم نیشانەی توانای باوکییەتی، مافی نۆبەرایەتی هەیە.

## کوڕێکی یاخی

[١٨]ئەگەر پیاوێك کوڕێکی کەللەڕەق و یاخی هەبوو، گوێڕایەڵی قسەی دایك و باوکی نەبێت و گوێیان لێ نەگرێت کاتێك تەمبێی دەکەن، [١٩]دایك و باوکی دەیگرن و دەیهێننە لای پیرانی شارۆچکەکەی، بۆ لای دەروازەی شارۆچکەکەی و [٢٠]بە پیرانی شارەکەی دەڵێن، «ئەم کوڕەمان کەللەڕەق و یاخییە، گوێڕایەڵمان نییە و دەست بڵاو و سەرخۆشە.» [٢١]ئینجا هەموو پیاوانی شارۆچکەکەی بەردبارانی

---

[a] ٤ ملی نوێنگینەکە دەشکێنن: ئەمە قوربانیدان بۆ گوناه نییە. بڕوانە دەرچوون ١٣:١٣ و ٣٤:٢٠.

دەکەن هەتا دەمرێت، ئیتر بەمە خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن و هەموو ئیسرائیل دەبیستن و دەترسن.

## کوژراوی لەسەر دار هەڵواسراو

[٢٢]ئەگەر کەسێك تاوانێکی لەسەر بوو کە سزاکەی مردنە، جا کە کوژرا و لەسەر دار هەڵتانواسی،[a] [٢٣]شەو تەرمەکەی لەسەر دارەکە مەهێڵنەوە، بەڵکو لە هەمان ڕۆژدا دەینێژن، چونکە هەڵواسراو لەسەر دار لەلایەن خوداوە نەفرەت لێکراوە[b]، جا خاکەکەتان گڵاو مەکەن کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات دەتاندادێ.

## گرنگیدان بە بەرژەوەندی کەسانی دیکە

٢٢ ئەگەر گا یان مەڕی هەر هاوڵاتییەکت بینی وێڵ بووە، خۆتی لێ گێل مەکە، بەڵکو پێویستە لەسەرت بۆ براکەتی بگەڕێنیتەوە، [٢]جا ئەگەر براکەت لێتەوە نزیك نەبوو یان نەتدەناسی، ئەوا بیخەرە ماڵەکەتەوە و لەلات دەبێت هەتا براکەت داوای دەکاتەوە، ئەوسا بۆی دەگەڕێنیتەوە. [٣]هەمان شت دەکەیت بۆ گوێدرێژەکەی و بۆ کەواکەی و بۆ هەر شتێکی ون بوو لە براکەت کە لێی ون دەبێت و تۆ دەیدۆزیتەوە، بۆت نییە خۆتی لێ گێل بکەیت.

[٤]کە گوێدرێژ یان گای براکەت دەبینیت لە ڕێگادا کەوتووە، خۆتی لێ گێل مەکە، بەڵکو پێویستە لەسەرت لەگەڵی هەڵیبستێنیتەوە.

[٥]شتومەکی پیاو نابێت بەبەر ژنەوە بێت و نابێت پیاو جلی ژن لەبەر بکات، چونکە هەرکەسێك ئەمە بکات، قێزەونە لەلای یەزدانی پەروەردگارت.

[٦]ئەگەر ڕێککەوت هێلانەی باڵندەیەك لە ڕێگا لەپێشت بوو، لەناو دارێك یان لەسەر زەوی و بێچوو یان هێلکەی تێدابوو و دایکەکەشی تێدابوو بە کڕی لەسەر بێچووەکان یان هێلکەکان هەڵنیشتبوو، ئەوا دایکەکە و بێچووەکان پێکەوە مەبە، [٧]دایکەکە ئازاد بکە و بێچووەکان بۆ خۆت ببە، بۆ ئەوەی چاکەت بۆ ببێت و درێژە بە ڕۆژانت بدەیت.

[٨]ئەگەر خانوویەکی نوێت بنیاد نا، ستارە بۆ سەربانەکەت بکە، نەوەك خوێنێك بهێنیتە سەر ماڵەکەت ئەگەر یەکێکی لێ کەوتە خوارەوە.

[٩]لە ڕەزەکەت دوو جۆر تۆو مەچێنە[c]، ئەگەر ئەمە بکەیت، نەك تەنها ئەوەی دەیچێنیت، بەڵکو بەری ڕەزە مێوەکەشت بۆ پیرۆزگا تەرخان دەکرێت.

[١٠]کێڵان بە گا و گوێدرێژ پێکەوە مەکە.

[١١]جلوبەرگی تێکەڵاو لەبەر مەکە، خوری و کەتان پێکەوە لەبەر مەکە.

[١٢]لە لچکەکانی[d] کەواکەت کە خۆتی پێ دەپۆشیت، گوڵینگ بۆ خۆت بکە.[e]

## شکاندنی پەیمانی ژن و مێردایەتی

[١٣]ئەگەر پیاوێك ژنێکی هێنا و کاتێك چوو بۆ لای ڕقی لێی بووەوە و [١٤]قسەی بۆ هەڵبەست و ناوێکی خراپی بەدواوە نا و گوتی، «ئەم ژنەم هێنا و کە چوومە لای پەردەی کچێنی نەبوو.» [١٥]دایك و باوکی کچەکە بەڵگەی کچێنییەکەی دەبەن و لەلای دەروازەی شارۆچکەکە بۆ پیرانی شارۆچکەکە دەسەلمێنن. [١٦]باوکی کچەکە بە پیران دەڵێت، «کچەکەی خۆمم بەم پیاوە دا ببێتە ژنی و ڕقی لێی بووەوە. [١٧]وا قسەشی بۆ هەڵبەستووە و دەڵێت: ”کچەکەت پەردەی کچێنی نەبوو،“ ئەمەش بەڵگەی کچێنی کچەکەمە.» جلەکەش لەبەردەم پیرانی

[a] ٢٢ ئەو کەسەی کە بڕیاری سزای مردنی لەسەر بوو، دوای کوشتنی، تەرمەکەی لەسەر دارێك هەڵدەواسرا، ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ خەڵکی، کە ئەنجامی شکاندنی ئەم یاسایە کوشتنە.

[b] ٢٣ نەفرەت لێکراوە: سەبارەت بە هەڵواسینی مەسیح لەسەر خاچ (دار)، بڕوانە گەلاتیا ١٣:٣.

[c] ٩ بڕوانە لێڤییەکان ١٩:١٩.

[d] ١٢ لاولوێچ یان لچك مەبەست لە سەرگۆشەی قوماشە یان جل و بەرگ.

[e] ١٢ مەبەست لەم یاسایە یادکردنەوەی ڕاسپاردەکانی خودایە. بڕوانە سەرژمێری ١٥:٣٧-٤١.

شارۆچکەکە دەخەنە ڕوو، ١٨ئیتر پیرانی ئەو شارە پیاوەکە دەبەن و تەمبێی دەکەن. ١٩سزای دەدەن بە سەد شاقلی[a] زیو بۆ باوکی کچەکە، چونکە ناوێکی خراپی خستە دوای پاکیزەیەك لە ئیسرائیل، جا دەبێتە ژنی و بە درێژایی ژیانی ناتوانێت تەڵاقی بدات.

٢٠بەڵام ئەگەر تۆمەتبارکردنەکە ڕاست بوو و کچەکە بەڵگەی پاکیزەیی نەبوو، ٢١ئەوا کچەکە دەبەنە بەردەرگای ماڵی باوکی و پیاوانی شارەکەی بەردبارانی دەکەن هەتا دەمرێت، چونکە کارێکی ناشیرینی لە ئیسرائیلدا کردووە بە بەدڕەوشتییەکەی کە لە ماڵی باوکی کردوویەتی، جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن.

٢٢ئەگەر بینرا پیاوێك لەگەڵ ژنێکی بەمێرد جووت بووە، ئەوا هەردووکیان دەکوژرێن، ئەو پیاوەی لەگەڵ ژنەکە جووت بووە و ژنەکەش، جا خراپەکاری لە ئیسرائیلدا دادەماڵن.

٢٣ئەگەر کچێك مارەبڕاو بێت بۆ پیاوێك و پیاوێکی دیکە لەناو شار بینی و لەگەڵی جووت بوو، ٢٤ئەوا هەردووکیان ببەنە دەرەوە بۆ لای دەروازەی ئەو شارۆچکەیە و بەردبارانیان بکەن هەتا دەمرن، لەبەر ئەوەی کچەکە لەناو شار هاواری نەکرد بۆ فریاکەوتن و هەروەها پیاوەکەش ئابڕووی دەستگیرانی پیاوێکی دیکەی برد، جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن.

٢٥بەڵام ئەگەر پیاوێك کچێکی مارەبڕاوی لە کێڵگەدا بینی و لاقەی کرد، ئەوا تەنها پیاوەکە کە لاقەی کردووە دەمرێت، ٢٦بەڵام کچەکە هیچی لێ ناکرێت، کچەکە گوناهێکی لەسەر نییە شایانی سزای مردن بێت، بەڵکو چۆن پیاوێك پەلاماری دراوسێکەی بدات و بیکوژێت، ئەو ڕووداوەش ئاوایە، ٢٧کچەکەی لە کێڵگەدا بینیوە و کچە مارەبڕاوەکە هاواری کردووە و کەس نەبووە ڕزگاری بکات.

٢٨ئەگەر پیاوێك کچێکی نیشان نەکراوی بینی و لاقەی کرد و هەردووکیان ئاشکرا بوون، ٢٩ئەوا پیاوەکەی ئابڕووی بردووە، پەنجا شاقل زیو[b] دەداتە باوکی کچە و ئەویش دەبێتە ژنی، لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کردووەتە سەری، بە درێژایی ژیانیشی ناتوانێت تەڵاقی بدات.

٣٠نابێت پیاوێك ژنی باوکی خۆی بهێنێت و ناموسی باوکی ببات.

## دەرکردن لە کۆمەڵی یەزدانەوە

٢٣ نابێت خەساو یان قۆڕ یان کەسێك ئەندامی نێرینەی بڕابێتەوە بێتە ناو کۆمەڵی یەزدان.

٢نابێت زۆڵ بێتە ناو کۆمەڵی یەزدانەوە، هەتا نەوەی دەیەم کەسی نایەتە ناو کۆمەڵی یەزدان.

٣هەرگیز نابێت عەمۆنی یان مۆئابی بێتە ناو کۆمەڵی یەزدانەوە، هەتا نەوەی دەیەم کەسیان نایەتە ناو کۆمەڵی یەزدانەوە، ٤چونکە کاتێك ئێوە لە میسر هاتنە دەرەوە، لە ڕێگا بە نان و ئاوەوە پێشوازییان لێ نەکردن، هەروەها لەبەر ئەوەی بەلعامی کوڕی بەعۆری خەڵکی پەتوری میسۆپۆتامیایان[c] لە دژی ئێوە بەکرێ گرت هەتا نەفرەتتان لێ بکات. ٥بەڵام یەزدانی پەروەردگارتان نەیویست گوێ لە بەلعام بگرێت، جا لە پێناوی ئێوە یەزدانی پەروەردگارتان نەفرەتەکەی گۆڕی بۆ بەرەکەت، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشی ویستوون. ٦بە درێژایی ژیانتان هەرگیز داوای ئاشتی و چاکەیان بۆ مەکەن.

٧ڕقت لە هیچ ئەدۆمییەك نەبێتەوە، چونکە براتە، ڕقت لە هیچ میسرییەك نەبێتەوە، چونکە لە خاکی ئەو نامۆ بوویت، ٨ئەو منداڵانەی لەوان لەدایك دەبن لە نەوەی سێیەمەوە دێنە ناو کۆمەڵی یەزدانەوە.

---

[a] ١٩ نزیکەی یەك کیلۆگرام.

[b] ٢٩ نزیکەی ٠،٦ کیلۆگرام.

[c] ٤ میسۆپۆتامیا: عیبری (ئارامی دوو ڕووبار) بە واتای وڵاتی ئارام کە دەکەوێتە نێوان دجلە و فورات. بڕوانە سەرژمێری ٥:٢٢.

## گڵاوی لە ئۆردوگادا

[٩]کاتێك لە دژی دوژمنەکانتان ئۆردوگا دادەمەزرێنن، لە هەموو شتێکی گڵاو خۆتان بەدوور بگرن. [١٠]ئەگەر پیاوێکتان تێدابوو، گڵاو بوو لەبەر ئەوەی بە شەو تۆوی لێ هاتە دەرەوە، ئەوا دەچێتە دەرەوەی ئۆردوگاکە و ناگەڕێتەوە ناو ئۆردوگاکە. [١١]دەمەو ئێوارە بە ئاو خۆی دەشوات و لە ئاوابوونی خۆر دێتەوە ناو ئۆردوگاکە.

[١٢]دەبێت شوێنێکیشتان هەبێت لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بۆ پیساییکردن، [١٣]لەگەڵ شتومەکەکەشتان خاکەنازێکتان هەبێت، بۆ ئەوەی چاڵی پێ هەڵبکەنن بۆ پیساییکردن و پاشان پیساییەکەتان داپۆشن. [١٤]لەبەر ئەوەی یەزدانی پەروەردگارتان لەناو ئۆردوگاکەتان هاتوچۆ دەکات بۆ ئەوەی فریاتان بکەوێت و دوژمنەکانتان بەدەستەوە بدات، جا با ئۆردوگاکەتان پیرۆز بێت نەوەك شتێکی پیستان تێدا ببینێت و ڕووتان لێ وەربگێڕێت.

## فێرکردن بۆ وریابوونەوەی ویژدان

[١٥]ئەگەر کۆیلەیەك پەنای بۆتان هێنا، مەیدەنەوە دەست گەورەکەی، [١٦]لەلای ئێوە نیشتەجێ دەبێت لەنێوتاندا لەو شوێنەی هەڵیدەبژێرێت لە یەکێك لە شارۆچکەکانتان، لە هەرکوێ پێی خۆشە و ستەمی لێ مەکەن.

[١٧]کچانی ئیسرائیل بۆیان نییە ببنە لەشفرۆشی نزرگەکان و کوڕانی ئیسرائیلیش بۆیان نییە هەمان ئەم کارە بکەن[a]. [١٨]کرێی لەشفرۆشی مەخەنە ناو ماڵی یەزدانی پەروەردگارتان لە نەزرکردن، چونکە ئەم کارە لەلای یەزدانی پەروەردگارتان قێزەونە.

[١٩]قەرز بە سوو بە براکەت مەدە، نە سووی زیو و نە سووی خۆراك و نە سووی هەر شتێك کە بە سوو بە قەرز دەدرێت. [٢٠]دەتوانیت قەرز بە سوو بدەیتە بێگانە، بەڵام قەرز بە سوو مەدە براکەت، بۆ ئەوەی یەزدانی پەروەردگارت بەرەکەتدارت بکات لە هەموو شتێك کە دەستی بۆ دەبەیت لەو خاکەی دەچیتە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگریت.

[٢١]ئەگەر نەزرێکت بۆ یەزدانی پەروەردگارت کرد بەجێهێنانی دوا مەخە، چونکە یەزدانی پەروەردگارت لێت داوا دەکات، جا بەسەرتەوە دەبێتە گوناه. [٢٢]بەڵام ئەگەر نەزرت نەکرد ئەوا گوناه نییە بەسەرتەوە. [٢٣]ئەوەی لە دەمت هاتە دەرەوە بیپارێزە و بیکە، چونکە ئازادانە بە دەمی خۆت نەزرت بۆ یەزدانی پەروەردگارت کرد.

[٢٤]ئەگەر چوویتە ناو ڕەزەمێوی دراوسێکەت پڕ بە حەزی دڵت ترێ بخۆ هەتا تێر دەبیت، بەڵام هیچ مەکە ناو توورەکەکەتەوە. [٢٥]ئەگەر چوویتە ناو دەغڵی دراوسێکەت دەتوانیت بە دەستت گوڵەگەنم لێ بکەیتەوە، بەڵام داس لە دەغڵی دراوسێکەت بەرز مەکەرەوە.

# ٢٤

ئەگەر پیاوێك ژنێکی هێنا و پەسەند نەبوو لەبەرچاوی، چونکە بێ ئابڕووییەکی تێدا بینی و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی، لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، [٢]ئەویش کە لە ماڵەکەی چووە دەرەوە، بووە ژنی پیاوێکی دیکە، [٣]جا ئەگەر پیاوەکەی دووەم ڕقی لێی بووەوە و تەڵاقنامەی بۆ نووسی و دایە دەستی و لە ماڵەکەی خۆی بەڕێی کرد، یان ئەگەر پیاوەکەی دووەم کە هێنابووی مرد، [٤]ئەوا مێردەکەی یەکەمی کە تەڵاقی دابوو ناتوانێت بیهێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ژنی دوای ئەوەی گڵاو بووە. ئەوە شتێکی قێزەونە لەلای یەزدان، جا گوناه مەهێنە سەر ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارت بە میرات دەتداتێ.

[٥]ئەگەر پیاوێك ژنی هێنا ئەوا هەتا ساڵێك بۆ سەربازی ناچێت و هیچ لێپرسراویەتییەکی لەسەر شان نابێت، ئەو ساڵە لە ماڵەکەی ئازاد دەبێت و ژنەکەی دڵخۆش دەکات.

---

[a] ١٧ بەپێی بڕوای ئایینی کەنعانی ئەنجامی جووتبوون لەگەڵ لەشفرۆش یان دووەدگی لە نزرگە، دەبێتە هۆکاری بەپیتکردنی کێڵگەکان و ئاژەڵەکان. هەندێك لە نەوەی ئیسرائیل ئەم بڕوایەی کەنعانییان پەیڕەو کرد. بڕوانە یەکەم پاشایان ١٤:٢٤ و هۆشەع ١٤:٤ و ئامۆس ٧:٢.

[٦]نابێت کەس دەستاڕ، تەنانەت بەرداشێکی بکاتە بارمتە، چونکە سەرچاوەی بژێوییە.

[٧]ئەگەر پیاوێك لە کاتی ڕفاندنی یەکێك لە براکانی لە نەوەی ئیسرائیل بگیردرێت و وەك کۆیلە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد یان فرۆشتی، ئەوا کابرای ڕفێنەر دەبێت بمرێت، جا خراپەکە لەنێو خۆتان دادەماڵن.

[٨]لە کاتی نەخۆشی گولی[a] زۆر ئاگاداربن و بەگوێرەی هەموو ئەوەی کاهینە لێڤییەکان فێرتان دەکەن ئاوا بکەن، ئەوەی من فەرمانم بەوان کردووە ئێوە بیکەن. [٩]لە یادتان بێت یەزدانی پەروەردگارتان لە ڕێگا چی بە مریەم کرد، پاش ئەوەی لە میسر هاتنە دەرەوە.

[١٠]ئەگەر قەرزت بە دراوسێکەت دا، مەچۆ ماڵەکەی هەتا شتێکی ماڵەکەی بکەیتە بارمتە[b]، [١١]لە دەرەوە دەوەستیت و ئەو پیاوەی قەرزی پێدەدەیت بارمتەکەت بۆ دەهێنێتە دەرەوە. [١٢]ئەگەر کابرا هەژار بوو با بارمتەکە بۆ شەو لەلات نەمێنێتەوە، [١٣]لەگەڵ ئاوابوونی خۆر بارمتەکەی بۆ بگەڕێنەوە هەتا لەناو جلوبەرگەکەی بنوویت و داوای بەرەکەتت بۆ بکات و بۆت ببێتە کارێکی ڕاست لەلای یەزدانی پەروەردگارت.

[١٤]زوڵم لە کرێگرتەیەکی هەژار و نەدار مەکە، کە لە براکانت بێت یان لەو نامۆیانەی لە یەکێك لە شارۆچکەکانی خاکەکەتن. [١٥]لە ڕۆژی خۆی کرێیەکەی دەدەیتێ، پێش ئاوابوونی خۆر، چونکە هەژارە و بۆ ئەمە خۆی هەڵگرتووە، نەوەك لەسەر تۆ هاوار بۆ یەزدان بکات، جا دەبێت بە گوناه بەسەرتەوە.

[١٦]باوك لە جیاتی کوڕ ناکوژرێت و کوڕ لە جیاتی باوك ناکوژرێت، هەر یەکێك لەسەر گوناهی خۆی دەکوژرێت.

[١٧]نامۆ و هەتیو لە دادپەروەری بێبەش مەکە، جلوبەرگی بێوەژن مەکە بارمتە، [١٨]لە یادت نەچێت کە تۆش لە میسر کۆیلە بوویت و یەزدانی پەروەردگارت لەوێ تۆی کڕییەوە، بۆیە من فەرمانت پێدەدەم ئەم کارە بکەیت.

[١٩]کاتێك لە کێڵگەکەت خەریکی دروێنەکردنیت و دەسکێکت لە کێڵگە لەبیر چوو، مەگەڕێوە بۆ ئەوەی بیبەیتەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیو و بێوەژن دەبێت، تاکو یەزدانی پەروەردگارت لە هەموو کاری دەستت بەرەکەتدارت بکات. [٢٠]لە کاتی ڕاتەکاندنی دار زەیتوونەکەت، بەدوای ئەوانەدا مەچووەوە کە لە لقەکاندا ماوەتەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیو و بێوەژن دەبێت. [٢١]کاتێك ترێی ڕەزە مێوەکەت دەڕنیت، پاشماوەکەی هەڵمەگرەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیو و بێوەژن دەبێت، [٢٢]لە یادت نەچێت تۆش لە خاکی میسر کۆیلە بوویت، بۆیە من فەرمانت پێدەدەم ئەم کارە بکەیت.

## ٢٥

ئەگەر ناکۆکییەك هەبوو لەنێوان خەڵکی، دەبێت بیبەنە دادگا بۆ ئەوەی دادوەری لەنێوانیان بکرێت و بێتاوانەکە بێتاوان بکرێت و حوکم بەسەر تاوانبارەکەدا بدرێت. [٢]جا ئەگەر ڕەوا بوو لە تاوانبارەکە بدرێت، ئەوا دادوەر چۆکی پێ دادەدات و لەبەردەمی بە ژمارە بەگوێرەی تاوانەکەی قامچی لێدەدرێت. [٣]نابێت لە چل قامچی زیاتر بێت، نەوەك براکەت لەبەرچاوت سووك بێت، ئەگەر لێدانەکە زیاد بێت.

[٤]لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە.

[٥]ئەگەر چەند برایەك پێکەوە ژیان و یەکێکیان مرد و کوڕی نەبوو، ئەوا ژنەکەی نابێت بۆ پیاوێکی لە خێڵێکی دیکەی دەرەوە بێت، برای مێردەکەی دەیخوازێت و دەیکاتە ژنی خۆی و بە ئەرکی شووبرایەتی هەڵدەستێت بۆی، [٦]ئەو کوڕە نۆبەرەیەشی کە بۆی لەدایك دەبێت، بە ناوی برا مردووەکەی ناودەبردرێت، نەوەك ناوی لە ئیسرائیلدا بسڕێتەوە.

[٧]ئەگەر پیاوەکە ڕازی نەبوو براژنەکەی بخوازێت،

---

[a] ٨ گولی: لە زمانی عیبری بە واتای گەڕوگولی و چەند نەخۆشییەکی دیکەی پێست دێت.

[b] ١٠ لێرەدا مەبەست لە وەرگرتنی جل و بەرگ بووە بە بارمتە. بڕوانە ئایەتی ١٣.

ئەوا براژنەکەی دەچێتە لای دەروازەی شارۆچکەکە بۆ لای پیران و دەڵێت: «شووبرایەکەم ڕازی نەبوو ناوێك بۆ براکەی لە ئیسرائیلدا درێژە پێبدات، نەیویست بە ئەرکی شووبرایەتی هەستێت بۆم.» ٨جا پیرانی شارۆچکەکەی بانگی دەکەن و لەگەڵی دەدوێن، ئەگەر سوور بوو و گوتی، «ڕازی نیم بیخوازم،» ٩ئەوا براژنەکەی لەبەرچاوی پیران لێی دەچێتە پێش و یەکێك لە پێڵاوەکانی کابرا لە پێی دادەکەنێت و تف لە دەموچاوی دەکات و ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت: «ئاوا لە پیاوێك دەکرێت کە ماڵی براکەی بنیاد نەنێتەوە.» ١٠جا لە ئیسرائیل ناوی لێ دەنرێت، خێڵی پێڵاو داکەنراو.

١١ئەگەر دوو پیاو لەگەڵ یەکتری کردیان بە شەڕ، ژنی یەکێکیان هات بۆ ئەوەی فریای پیاوەکەی بکەوێت لە دەست ئەوەی لێی دەدات، جا دەستی درێژکرد و گونی گرت، ١٢دەستی ببڕنەوە و بەزەییتان پێی نەیەتەوە.

١٣با لە توورەکەکەت کێشی جیاواز نەبێت، قورس و سووك. ١٤با لە ماڵەکەت پێوانەی جیاواز نەبێت، گەورە و بچووك. ١٥کێشی تەواو و ڕاستت دەبێت، پێوانەی تەواو و ڕاستت دەبێت، بۆ ئەوەی تەمەن درێژ بیت لەسەر ئەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارت پێت دەدات، ١٦چونکە هەر یەکێك ئەوە بکات، هەر یەکێك ساختەکاری بکات، یەزدانی پەروەردگارت قێزی لێ دەبێتەوە.

١٧لە یادتان بێت ئەوەی عەمالێقییەکان لە ڕێگا لە کاتی هاتنە دەرەوەتان لە میسر پێیان کردن، ١٨کە چۆن لە ڕێگا بەرەو ڕووتان هاتن و لە پشتتانەوە هەموو لاوازەکانی دواوەی ئێوەیان بڕییەوە، ئێوەش پەککەوتە و ماندوو بوون و ئەوانیش لە خودا نەترسان. ١٩جا کاتێك یەزدانی پەروەردگارتان ئێوەی حەساندەوە لە هەموو دوژمنەکانتان کە لە چواردەورتانن لەو خاکەی یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات هەتا دەستی بەسەردا بگرن وەك میرات، ئەوا ناوی عەمالێق لەژێر ئاسمان دەسڕنەوە، لەبیری نەکەن!

## یەکەمین بەرهەم و دەیەکەکان

٢٦ کاتێك هاتنە ناو ئەو خاکەی کە یەزدانی پەروەردگارتان بە میرات پێتانی دەدات و دەستتان بەسەردا گرت و تێیدا نیشتەجێ بوون، ٢ئەوا هەرکەسێك یەکەمین بەرهەمی هەموو بەروبوومی زەوییەکە کە دەستی دەکەوێت لە خاکەکەتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتانی دەدات دەیکاتە ناو سەبەتەیەك و دەچێتە ئەو شوێنەی کە یەزدانی پەروەردگارتان هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی ناوی لەوێ بێت. ٣ئینجا دێتە لای ئەو کاهینەی کە لەو کاتەدایە و پێی دەڵێت: «ئەمڕۆ بە یەزدانی پەروەردگارت ڕادەگەیەنم کە من چوومە ناو ئەو خاکەی یەزدان سوێندی بۆ باوباپیرانمان خوارد کە پێمانی بدات.» ٤جا کاهینەکەش سەبەتەکە لە دەستی وەردەگرێت و لەبەردەم قوربانگاکەی یەزدانی پەروەردگارتان دایدەنێت، ٥ئینجا کەسەکە لە بەرامبەر یەزدانی پەروەردگارتان ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت: «باوکم ئارامییەکی گەڕۆك بوو، چوو بۆ میسر و لەوێ ئاوارە بوو، چەند کەسێکی کەم بوون، جا لەوێ بوو بە نەتەوەیەکی مەزن و بەهێز و زۆر. ٦ئینجا میسرییەکان خراپەیان دەرهەق کردین و ئازاریان داین و کۆیلایەتییەکی سەختیان بەسەرماندا سەپاند. ٧ئیتر کاتێك هاوارمان بۆ یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانمان کرد، یەزدان گوێی لە دەنگمان بوو و ناخۆشی و ماندووبوونی و چەوساندنەوەی ئێمەی بینی. ٨جا یەزدان بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز و ترسی مەزن و نیشانە و پەرجووەوە لە میسر دەریهێناین، ٩ئێمەی هێنایە ناو ئەم شوێنە و ئەم خاکەی پێداین، خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. ١٠ئێستاش ئەی یەزدان، ئەوەتا یەکەمین بەرهەمی ئەو زەوییەم هێناوە کە تۆ بە منت داوە.» ئینجا لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان دایدەنێت و لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان کڕنۆش دەبات و ١١بە هەموو ئەو خێروبێرە دڵخۆش دەبن کە یەزدانی پەروەردگارتان بە خۆتان و ماڵەکەتانی داوە، ئێوە و لێڤییەکان و ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان.

١٢کاتێك لە دەرهێنانی دەیەکی هەموو
داهاتەکەتان تەواو بوون لە ساڵی سێیەم کە ساڵی
دەیەکە، داتانە لێڤی و نامۆ و هەتیو و بێوەژنان، لە
شارۆچکەکانتاندا خواردیان و تێر بوون، ١٣لەبەردەم
یەزدانی پەروەردگارتان دەڵێن: «بەشی تەرخانکراوی
خودام لە ماڵەکەم دەرهێنا و هەروەها بە لێڤی
و نامۆ و هەتیو و بێوەژنم دا، بەگوێرەی هەموو
فەرمانەکەت کە فەرمانت پێکردم، لە فەرمانەکانت
دەرنەچووم و لە یادم نەکرد. ١٤لە ماتەمداریمدا
لە بەشە تەرخانکراوەکەم نەخوارد و لە گڵاویمدا
لێم نەبرد و هیچم لێی نەداوە بۆ مردوو، بەڵکو
گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارم بووم و بەگوێرەی
هەموو ئەوەم کرد کە فەرمانت پێکردم. ١٥لە
نشینگەی پیرۆزی خۆتەوە، لە ئاسمانەوە بڕوانە و
گەلی خۆت ئیسرائیل و ئەو خاکە بەرەکەتدار بکە
کە بە ئێمەت داوە، وەك سوێندت بۆ باوباپیرانمان
خوارد، خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت.»

## فەرمانی یەزدان بپارێزن

١٦ئەمڕۆ یەزدانی پەروەردگارتان فەرمانی پێ
کردن کە کار بەم فەرز و یاسایانە بکەن، جا پڕ بە
دڵ و لە ناختانەوە بەجێی بهێنن و پەیڕەوی بکەن،
١٧ئەمڕۆ ڕاتانگەیاند بۆ یەزدان کە ببێت بە خوداتان
و ڕێگاکانی ئەو بگرنەبەر و فەرز و فەرمانەکان و
یاساکانی بەجێبهێنن و گوێڕایەڵی دەنگی بن،
١٨یەزدانیش ئەمڕۆ ڕایگەیاند، کە ئێوە گەلی ئەون،
گەنجینەیەکی تایبەتی ئەو، وەك بەڵێنی پێدان و
هەموو فەرمانەکانی بپارێزن. ١٩لە سەرووی هەموو
ئەو نەتەوانەی دروستی کردوون داتان دەنێت، لە
ستایش و ناوبانگ و ڕێزدا، ببنە گەلێکی پیرۆز بۆ
یەزدانی پەروەردگارتان وەك بەڵێنی دا.

## قوربانگای کێوی عێبال

٢٧ موسا و پیرانی ئیسرائیل فەرمانیان بە
گەل دا و گوتیان: «هەموو ئەو فەرمانانە
بپارێزن کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم. ٢کاتێك
لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی
یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات، چینێك بەردی
گەورە بۆ خۆتان ڕاگیر بکەن و بە گەچ سواغیان
بدەن. ٣هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنەی لەسەر
بنووسن کاتێك دەپەڕنەوە هەتا بچنە ناو ئەو خاکەی
یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات، خاکێك شیر و
هەنگوینی لێ دەڕژێت، وەك یەزدانی پەروەردگاری
باوباپیرانتان بەڵێنی پێدان. ٤کاتێك لە ڕووباری
ئوردون دەپەڕنەوە، ئەم بەردانە ڕاگیر بکەن کە
من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، لە کێوی عێبال و
بە گەچ سواغیان بدەن. ٥لەوێ قوربانگایەك بۆ
یەزدانی پەروەردگارتان بنیاد بنێن، قوربانگایەك لە
بەرد بێت و ئامێری ئاسنی لێ بەکارمەهێنن.[a] ٦لە
بەردی نەتاشراو قوربانگاکەی یەزدانی پەروەردگارتان
بنیاد بنێن و قوربانی سووتاندن سەربخەنە سەری
بۆ یەزدانی پەروەردگارتان، ٧هەروەها قوربانی
هاوبەشی[b] سەرببڕن و لەوێ بیخۆن و لەبەردەم
یەزدانی پەروەردگارتان دڵخۆش بن. ٨هەموو
وشەکانی ئەم فێرکردنەش زۆر بە ڕوونی لەسەر
بەردەکان بنووسن.»

## نەفرەت لە کێوی عێبالەوە

٩ئینجا موسا و کاهینە لێڤییەکان لەگەڵ هەموو
ئیسرائیلدا دوان و گوتیان: «ئەی ئیسرائیل بێدەنگ
بن و گوێتان لێ بێت، ئەمڕۆ بوونە گەل بۆ
یەزدانی پەروەردگارتان، ١٠جا گوێڕایەڵی یەزدانی
پەروەردگارتان بن، کار بەو فەرمان و فەرزانەی بکەن
کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم.»

---

[a] ٥ مەبەست لێی ئەوە بووە کە قوربانگای یەزدان نابێت هاوشێوەی قوربانگای کەنعانییەکان بێت و بە بەردی تاشراو دروستبکرێت.

[b] ٧ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

١١جا لەو ڕۆژەدا موسا فەرمانی بە گەل کرد و
گوتی:
١٢ئەم هۆزانە لەسەر کێوی گەریزیم دەوەستن
هەتا داوای بەرەکەت بۆ گەل بکەن کاتێك لە
ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە، شیمۆن و لێڤی و
یەهودا و یەساخار و یوسف و بنیامین. ١٣ئەم
هۆزانەش لەسەر کێوی عێبال دەوەستن بۆ نەفرەت،
ڕەئوبێن و گاد و ئاشێر و زەبولون و دان و نەفتالی.
١٤جا لێڤییەکان ڕایدەگەیەنن و بە دەنگی بەرز بە
هەموو گەلی ئیسرائیل دەڵێن:

١٥«نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی پەیکەرێکی داتاشراو یان بتێکی لەقاڵبدراو بە دەستی پەیکەرتاش دروستدەکات و لە شوێنێکی شاردراوەی دادەنێت، ئەوە قێزەونە لەلای یەزدان.»

هەموو گەلیش وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن، «ئامین!»

١٦«نەفرەت لێکراوە ئەوەی ڕێز لە دایك و باوك ناگرێت.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

١٧«نەفرەت لێکراوە ئەوەی سنووری زەوی بەردینی دراوسێکەی دەگوێزێتەوە.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

١٨«نەفرەت لێکراوە ئەوەی نابینا لە ڕێگا وێڵ دەکات.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

١٩«نەفرەت لێکراوە ئەوەی دادپەروەری بۆ نامۆ و هەتیو و بێوەژن ناکات.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢٠«نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ باوەژنی خۆی جووت دەبێت، چونکە ناموسی باوکی بردووە.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢١«نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ ئاژەڵێك جووت دەبێت.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین.»

٢٢«نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ خوشکی خۆی جووت دەبێت، کچی باوکی یان کچی دایکی.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢٣«نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەگەڵ خەسووی خۆی جووت دەبێت.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢٤«نەفرەت لێکراوە ئەوەی بە نهێنی دراوسێکەی خۆی دەکوژێت.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢٥«نەفرەت لێکراوە ئەوەی بەرتیل وەردەگرێت بۆ ئەوەی یەکێکی بێتاوان بکوژێت.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

٢٦«نەفرەت لێکراوە ئەوەی پاڵپشتی وشەکانی ئەم فێرکردنە ناکات بۆ ئەوەی کاریان پێ بکات.»

هەموو گەلیش دەڵێن، «ئامین!»

## بەرەکەت بۆ گوێڕایەڵی

٢٨ ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان
بوون، هەتا ئاگاداربن کە کار بە هەموو
فەرمانەکانی بکەن، کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ
دەکەم، ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان لە سەرووی
هەموو نەتەوەکانی سەر زەویتان دادەنێت. ٢هەموو
ئەم بەرەکەتانەتان دێتە سەر و پێتان دەگات، ئەگەر
گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان بوون:

٣لە شار بەرەکەتدار دەبن و لە دەشتودەریش بەرەکەتدار دەبن.

٤بەری سکتان و بەروبوومی زەوییەکەتان بەرەکەتدار دەبن، بەری ئاژەڵە ماڵییەکانیشتان، گوێرەکەی گاگەلەکەتان و کاریلە و بەرخی مێگەلەکەتان.

٥سەبەتە و تەشتی هەویرتان بەرەکەتدار دەبێت.

٦ لە چوونە ژوورەوەتان بەرەکەتدار دەبن و
لە هاتنەدەرەوەشتان بەرەکەتدار دەبن.

٧ یەزدان وا دەکات ئەو دوژمنانەتان کە
سەرهەڵدەدەن لەبەردەمتان ببەزن، لە یەك ڕێگا
بۆتان دێنە دەرەوە و لە حەوت ڕێگا لەبەردەمتان
هەڵدێن.
٨ یەزدان فەرمانی بەرەکەتتان بۆ دەدات لە
هەموو شتە ئەمبارکراوەکانتان و لە هەموو شتێك
کە دەستی بۆ دەبەن و بەرەکەتدارتان دەکات لەو
خاکەی یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات.
٩ یەزدان بە گەلێکی پیرۆزتان دادەنێت بۆ خۆی،
وەك سوێندی بۆ خواردن، ئەگەر فەرمانەکانی
یەزدانی پەروەردگارتان پاراست و ڕێگاکانی ئەوتان
گرتەبەر. ١٠ جا هەموو گەلانی زەوی دەبینن کە
ناوی یەزدان بە ئێوەوە نراوە، ئیتر لێتان دەترسن.
١١ یەزدانیش سەروەت و سامانتان زیاتر دەکات
لە بەری سکتان و بەری ئاژەڵە ماڵییەکانتان و
بەروبوومی زەوییەکەتان، لەسەر ئەو خاکەی کە
سوێندی بۆ باوباپیرانتان خوارد بتانداتێ.
١٢ یەزدان ئەمبارە باشەکەی ئاسمانتان بۆ
دەکاتەوە، هەتا بارانی خاکەکەتان لە کاتی خۆیدا
بداتێ و هەموو کاری دەستتان بەرەکەتدار
بکات، ئینجا قەرز بە زۆر نەتەوە دەدەن و خۆتان
قەرز ناکەن. ١٣ یەزدانیش دەتانکات بە سەر نەك
بە کلك و تەنها لە بەرزبوونەوە دەبن نەك لە
نزمبوونەوە، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدانی
پەروەردگارتان بوون، کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ
دەکەم، هەتا بیپارێزن و کاری پێ بکەن. ١٤ لە هەموو
ئەو وشانەش کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم،
بەلای چەپ یان ڕاستدا لا نەدەن، بۆ ئەوەی بەدوای
خودای دیکە بکەون هەتا بیپەرستن.

## نەفرەت بۆ یاخیبوون

١٥ بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان
نەبوون، بۆ ئەوەی ئاگاداربن کە کار بە هەموو
فەرمانەکانی و فەرزەکانی بکەن کە من ئەمڕۆ
فەرمانتان پێ دەکەم، هەموو ئەم نەفرەتانەتان دێتە
سەر و پێتان دەگات.

١٦ لە شار نەفرەت لێکراو دەبن و لە کێڵگەش
نەفرەت لێکراو دەبن.
١٧ سەبەتە و تەشتی هەویرتان نەفرەت
لێکراو دەبێت.
١٨ بەری سکتان و بەروبوومی زەوییەکەتان،
گوێرەکەی گاگەلەکەشتان و کاریلە و بەرخی
مێگەلەکەتان، نەفرەت لێکراو دەبن.
١٩ کە دێنە ژوورەوە نەفرەتتان لێ دەکرێت
و کە دەچنە دەرەوە نەفرەتتان لێ دەکرێت.

٢٠ لەبەر ئەوەی پشتم تێ دەکەن و کاری خراپە
ئەنجام دەدەن، هەر کارێك کە دەتانەوێت بیکەن،
یەزدان نەفرەت و سەرلێشێوان و سەرزەنشتتان
دەنێرێتە سەر هەتا ئەو کاتەی دەفەوتێن و
بە خێرایی لەناودەچن. ٢١ یەزدان دەردتان پێوە
دەنووسێنێت، هەتا لەو خاکە لەناوتان ببات کە
ئێوە دەچنە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگرن.
٢٢ یەزدان تووشی سیل و گرانەتا و هەوکردن، گەرما
و وشکەساڵی، بای گەرمەسێر و کەڕووتان دەکات،
جا بەدواتانەوە دەبێت هەتا لەناوتان دەبات.
٢٣ ئاسمانیش کە لەسەر سەرتانە دەبێتە بڕۆنز و ئەو
خاکەی ژێریشتان دەبێتە ئاسن. ٢٤ یەزدانیش بارانی
خاکەکەتان دەکاتە تۆز و خۆڵ و لە ئاسمانەوە بۆتان
دێتە خوارەوە هەتا لەناودەچن.
٢٥ یەزدان لەبەردەم دوژمنەکانتان دەتانشکێنێت،
لە یەك ڕێگا بۆیان دەچن و لە حەوت ڕێگا
لەبەردەمیان هەڵدێن و هەموو شانشینەکانی زەوی
دەتۆقن کاتێك ئەو ڕووداوە دەبینن کە بەسەر
ئێوە هاتووە. ٢٦ تەرمیشتان دەبێتە خۆراکی هەموو
باڵندەکانی ئاسمان و دڕندەکانی زەوی و کەسیش
نابێت هەڵیانبفڕێنێ. ٢٧ یەزدان تووشی دومەڵی میسر
و ئاوسان و گەڕی و خورشتتان دەکات کە نەتوانن
چاك ببنەوە. ٢٨ یەزدان تووشی شێتی و کوێری و
سەرلێشێواویتان دەکات. ٢٩ لە نیوەڕۆدا بە پەلکوتان

دەڕۆن وەك نابینایان لە تاریکیدا و لە ڕێگاکانتان سەرکەوتوو نابن، بەڵکو هەموو ڕۆژانتان زۆرلێکراو و تاڵانکراو دەبن و کەسیش نابێت ڕزگارتان بکات.

[٣٠]ژنێك مارە دەکەیت بەڵام پیاوێکی دیکە دەیبات و لەگەڵی دەنوێت. خانوویەك بنیاد دەنێیت بەڵام تێیدا دانانیشیت. ڕەزە مێوێك دەڕوێنیت بەڵام لە بەرەکەی ناخۆیت. [٣١]گایەکەت لەبەرچاوت سەردەبڕدرێت بەڵام لێی ناخۆیت. لەبەرچاوت دەست بەسەر گوێدرێژەکەتدا دەگرن بەڵام بۆت ناگەڕێتەوە. مەڕەکانت دەدرێنە دەست دوژمنەکانت و ڕزگارکەریشت نییە. [٣٢]کوڕان و کچانت دەدرێنە دەست گەلێکی دیکە و بە درێژایی ڕۆژ چاوەکانت تەماشایان دەکات هەتا ماندوو دەبن و هیچیشت لەدەست نایەت. [٣٣]بەروبوومی خاکەکەت و هەموو ماندووبوونت، گەلێك دەیخوات کە نایناسیت، جا هەموو ڕۆژانت تەنها زۆرلێکراو و پێشێلکراو دەبیت. [٣٤]لەبەر سەرسامی ئەوەی کە دەیبینیت شێت دەبیت. [٣٥]یەزدان تووشی دومەڵی پیست دەکات، لەسەر ئەژنۆکانت و قاچەکانت، کە نەتوانیت چاك بیتەوە، لە بنی پێتەوە هەتا تەپڵی سەرت.

[٣٦]یەزدان بە خۆتان و پاشاکەتانەوە کە بۆ خۆتانی دادەنێن، دەتانبات بۆ لای نەتەوەیەك کە نە ئێوە و نە باوباپیرانتان ناسیویانە و لەوێ خودای دیکە دەپەرستن، واتە ئەو بتانەی کە لە دار و لە بەردن. [٣٧]هەموو ئەو گەلانەی یەزدان ئێوە بۆ ناو ئەوان ڕادەپێچێت دەتۆقن لەوەی بەسەر ئێوە هاتووە و دەبنە پەند و گاڵتەجاڕی بۆیان.

[٣٨]تۆوێکی زۆر دەکەن بە کێڵگەوە، بەڵام کەم کۆدەکەنەوە، چونکە کوللە دەیخوات، [٣٩]ڕەزەمێو دەچێنن و خزمەتی دەکەن، بەڵام شەراب ناخۆنەوە و ترێ لێ ناکەنەوە، چونکە کرم دەیخوات. [٤٠]لەناو هەموو سنوورەکەتان زەیتوونتان دەبێت، بەڵام خۆتان بە زەیت چەور ناکەن، چونکە زەیتوونەکەتان دەوەرێت. [٤١]کوڕ و کچتان بۆ لەدایك دەبێت، بەڵام بۆ ئێوە نابن، چونکە بە دڵنیاییەوە ڕاپێچ دەکرێن.

[٤٢]پۆلە کوللەی باڵدار دەست دەگرن بەسەر هەموو دار و بەروبوومی زەوییەکەتانەوە.

[٤٣]ئەو نامۆیانەی لەنێوتاندان پلە بە پلە پایەبەرزتر دەبن، بەڵام ئێوە پلە بە پلە پایەنزم دەبن. [٤٤]ئەوان قەرزتان پێدەدەن، بەڵام ئێوە قەرزیان پێ نادەن، ئەوان سەر دەبن، بەڵام ئێوە کلك.

[٤٥]هەموو ئەم نەفرەتانەتان دێتە سەر و دواتان دەکەوێت و پێتان دەگات هەتا لەناودەچن، چونکە ئێوە گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان نەبوون هەتا فەرمانەکان و فەرزەکانی بەجێبهێنن کە فەرمانی پێ کردن. [٤٦]ئیتر بۆ هەتاهەتایە لەنێو ئێوە و لەنێو نەوەکەتان دەبێتە نیشانە و پەرجوو. [٤٧]لەبەر ئەوەی یەزدانی پەروەردگاری خۆتان بە دڵخۆشی و دڵسافییەوە نەپەرست، کاتێك هەموو شتێك زۆر بوو، [٤٨]کەواتە لە برسێتی و تینوێتی و ڕووتی و نەداری لە هەموو شتێك، دەبنە کۆیلەی دوژمنەکانتان، کە یەزدان بۆ سەر ئێوەی دەنێرێت. ئەویش نیری[a] ئاسن دەخاتە سەر ملتان هەتا لەناودەچن.

[٤٩]یەزدان نەتەوەیەکتان دەهێنێتە سەر لە دوورەوە لەوپەڕی زەوییەوە وەك شاڵاوی هەڵۆ، نەتەوەیەك لە زمانی ناگەن، [٥٠]نەتەوەیەکی ڕووگرژ، نە ڕێز بۆ پیر دادەنێت و نە سۆزی بۆ منداڵ دەجوڵێت. [٥١]بەری ئاژەڵی ماڵی و بەروبوومی زەویتان دەخوات هەتا لەناودەچن و هیچ دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیت و گوێرەکەی گاگەل و کاریلە و بەرخی مێگەلتان بۆ ناهێڵێتەوە هەتا لەناوتان دەبات. [٥٢]لە هەموو شارەکان گەمارۆتان دەدات، هەتا شوورا بەرزە قاییمەکان کە ئێوە پشتی پێ دەبەستن دەڕمێت، لە هەموو خاکەکەتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێتان دەدات گەمارۆتان دەدات.

[٥٣]جا بەری سکتان، گۆشتی کوڕ و کچەکانتان کە یەزدانی پەروەردگارتان پێیداون دەخۆن، لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە دوژمنەکانتان تەنگتان پێ هەڵدەچنن. [٥٤]پیاوی دڵناسك و زۆر هەستیار لەنێوتان بەرچاوتەنگ دەبێت، سەبارەت بە براکەی

[a] ٤٨ مەبەستی لە بارگرانییە.

خۆی و بە ژنە خۆشەویستەکەی و بە پاشماوەی منداڵەکانی کە ماونەتەوە، [٥٥]هەتا لە گۆشتی منداڵەکەی کە دەیخوات بە کەسیان نادات، چونکە هیچی بۆ نەماوەتەوە لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە دوژمنەکانتان تەنگتان پێ هەڵدەچنن لە هەموو شارەکانتاندا. [٥٦]ئەو ژنەی دڵناسك و هەستیارە لەنێوتان کە لەبەر دڵناسکی و هەستیارییەکەی دڵی نایەت بنی پێی بە زەویدا بنێت، بەرچاوتەنگ دەبێت سەبارەت بە پیاوە خۆشەویستەکەی و کوڕ و کچەکەی، [٥٧]لەو یۆڵداشەی لەنێو هەردوو قاچی دێتەدەر و لە منداڵەکانی کە دەیبێت، چونکە بە نهێنی لە نەداری دەیانخوات، لەو گەمارۆ و تەنگانەیەی کە دوژمنەکانتان لە شارەکانتاندا تەنگتان پێ هەڵدەچنن.

[٥٨]ئەگەر ئاگادار نەبن بۆ ئەوەی کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەن کە لەم پەڕتووکە نووسراون، بۆ ئەوەی لەم ناوە شکۆدارە سامناکە بترسن، لە یەزدانی پەروەردگارتان، [٥٩]ئەوا یەزدان وا دەکات لێدانەکانتان و لێدانەکانی نەوەکەتان سەرسوڕهێنەر بێت، لێدانی سەخت و بەردەوام، نەخۆشی بە ئازار و هەمیشەیی. [٦٠]هەموو دەردەکانی میسریش کە لێی تۆقین، بەسەرتاندا دێتەوە و پێتانەوە دەنووسێن. [٦١]هەروەها هەر نەخۆشییەك و هەر لێدانێك کە لەم پەڕتووکەی تەورات نەنووسراوە، یەزدان بەسەرتاندا دەدات هەتا لەناودەچن. [٦٢]چەند کەسێکی کەم دەمێنن لە جێی ئەوەی وەك ئەستێرەی ئاسمان بوون لە زۆریدا، چونکە گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان نەبوون. [٦٣]هەروەك چۆن یەزدان پێتان دڵخۆش بوو کە چاکەتان لەگەڵ بکات و زۆرتان بکات، هەروەها پێشتان دڵخۆش دەبێت هەتا بتانفەوتێنێت و لەناوتان ببات. لەو خاکە ڕیشەکێش دەکرێن کە دەچنە ناوی هەتا دەستی بەسەردا بگرن.

[٦٤]ئینجا یەزدان لەنێو هەموو گەلان پەرشوبڵاوتان دەکاتەوە، لەوپەڕی زەوی هەتا ئەوپەڕی، لەوێ خودای دیکە دەپەرستن لە دار و بەرد کە نە ئێوە و نە باوباپیرانتان نەیانناسیوە. [٦٥]لەنێو ئەو نەتەوانەدا ناحەوێنەوە و پێیەکانتان جێگیر نابن، بەڵکو یەزدان لەوێ دڵێکی لەرزۆك و چاوێکی ماندوو و گیانێکی لاوازتان دەداتێ. [٦٦]ژیانیشتان هەڵواسراو دەبێت لەبەردەمتان و شەو و ڕۆژ دەترسن و لە ژیانتان دڵنیا نابن. [٦٧]لە ترسی دڵتان کە دەترسن و لە تێڕوانینی چاوەکانتان کە تێدەڕوانن، بە ڕۆژ دەڵێن، «خۆزگە شەو بێت،» بە شەویش دەڵێن، «خۆزگە ڕۆژ بێت.» [٦٨]یەزدان بە کەشتی بەو ڕێگایەدا دەتانگەڕێنێتەوە بۆ میسر کە پێم گوتن، کە ئیتر نایبیننەوە، جا لەوێ وەك کۆیلە و کەنیزە بە دوژمنەکانتان دەفرۆشرێن و کەسیش ناتانکڕێت.

## تازەکردنەوەی پەیمانەکە

٢٩ ئەمانە بەندەکانی ئەو پەیمانەن کە یەزدان فەرمانی بە موسا کرد کە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا ببیەستێت، لە خاکی مۆئاب بێجگە لەو پەیمانەی لە حۆرێڤ لەگەڵی بەستن.

[٢]ئینجا موسا هەموو ئیسرائیلی بانگکرد و پێی گوتن:

«ئێوە بینیتان یەزدان لە خاکی میسر لەبەرچاوتان چی بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو خاکەکەی کرد، [٣]ئەو تاقیکردنەوە مەزنانەی چاوەکانتان بینییان و نیشانە و پەرجووە مەزنەکانی. [٤]بەڵام یەزدان هەتا ئەمڕۆش دڵێکی[a] پێنەداون بۆ ئەوەی تێبگەن و چاوێك بۆ ئەوەی ببینن و گوێیەك بۆ ئەوەی ببیستن. [٥]بەڵام یەزدان دەفەرموێت: ”چل ساڵ لە چۆڵەوانیدا ئێوەم بەڕێوە برد، جلەکانتان لەبەرتان کۆن نەبوون و پێڵاوەکانتان[b] لە پێتان کۆن نەبوون، [٦]نە نانتان خوارد و نە شەرابتان خواردەوە و نە مەی، هەتا ئێوە بزانن کە من یەزدانی پەروەردگارتانم.“

[٧]«کاتێکیش هاتنە ئەم شوێنە سیحۆنی پاشای

[a] ٤ بەپێی کەلتوری عیبرانییەکان دڵ لێپرسراوە لە بیرکردنەوە.
[b] ٥ عیبری: نەعل.

حەشبۆن و عۆگی پاشای باشان هاتن بۆ جەنگ لە دژی ئێمە، بەڵام ئەوانمان شکاند و [٨]دەستمان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و بە میرات دامانە ڕەئوبێن و گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە[a].

[٩]«بەندەکانی ئەم پەیمانە بپارێزن و کاری پێ بکەن، هەتا لە هەموو ئەوەی دەیکەن سەرکەوتوو بن. [١٠]ئێوە ئەمڕۆ هەمووتان بە سەرۆک هۆز و پیر و کوێخا و هەموو پیاوەکانی ئیسرائیل لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارتان وەستاون، [١١]هەروەها ژن و منداڵ و ئەو نامۆیانەی کە لەناو ئۆردگاکانتانە، لەوەی کە دارتان بۆ دەبڕێتەوە و ئاوتان بۆ لە بیر هەڵدەکێشێت، [١٢]بۆ ئەوەی بچنە ناو پەیمانی یەزدانی پەروەردگارتان و سوێندەکەی کە یەزدانی پەروەردگارتان ئەمڕۆ لەگەڵتانی دەبەستێت، [١٣]هەتا ئەمڕۆ بە گەلی خۆی داتانبنێت، ئەویش ببێتە خوداتان وەک پێی فەرموون و وەک سوێندی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبی باوباپیرانتان خوارد. [١٤]ئەم پەیمان و سوێندەش تەنها لەگەڵ ئێوەی نابەستم، [١٥]بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە لێرە ئەمڕۆ لەگەڵماندا لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارمان وەستاوە و ئەوەش کە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵماندا نییە.

[١٦]«چونکە ئێوە زانیتان چۆن لە خاکی میسر نیشتەجێ بووین و چۆن هەتا ئێرە بەناو ئەو گەلانەدا تێپەڕین. [١٧]وێنە قێزەون و بتەکانی ئەوانتان بینی کە لە دار و بەرد و زێڕ و زیون. [١٨]نەوەک لەنێوتاندا پیاوێک یان ئافرەتێک یان هۆزێک یان خێڵێک هەبێت کە ئەمڕۆ دڵی لەسەر یەزدانی پەروەردگارمان لاچووبێت، بۆ ئەوەی بچێت و خوداوەندەکانی ئەو نەتەوانە بپەرستێت، نەوەک لەنێوتان ڕەگێک هەبێت ژەهراوی و زەقنەبووت بگرێت.

[١٩]«کاتێک ئەم جۆرە کەسە گوێی لە سوێندی ئەم پەیمانە دەبێت، لە دڵیدا داوای بەرەکەت بۆ خۆی دەکات و دەڵێت: ”من سەلامەت دەبم، تەنانەت بە کەللەڕەقی خۆشم هەڵسوکەوت بکەم،“ ئەمە زەوی تەڕ و وشک لەناودەبات. [٢٠]یەزدان هەرگیز ڕازی نابێت لێی خۆشبێت، بەڵکو ئەو کاتە تووڕەیی و دڵگەرمی یەزدان بەسەر ئەو پیاوە هەڵدەچێت، هەموو ئەو نەفرەتانەی لەم پەڕتووکەدا نووسراون دێنە سەری، یەزدان ناوی لەژێر ئاسماندا دەسڕێتەوە. [٢١]یەزدان لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل ئەو بۆ لێقەومان جیا دەکاتەوە، بەپێی هەموو نەفرەتەکانی پەیمانەکە کە لەم پەڕتووکی تەوراتەدا نووسراون.

[٢٢]«جا دوا نەوە لە منداڵەکانتان کە لەدوای ئێوە دێن و هەروەها ئەو بیانییانەی لە خاکێکی دوورەوە دێن، ئەو گورزوەشاندن و نەخۆشییانە دەبینن کە یەزدان تووشی کردوون. [٢٣]هەموو زەوییەکە بە گۆگرد و خوێ دەسووتێنێت، نە دەچێنرێت و نە دەڕوێت و نە هیچ گیایەکی لێ دەردەکەوێت، وەک سەرەوژێرکردنی سەدۆم و عەمۆرا و ئەدما و چەبۆئیم کە یەزدان بە تووڕەیی و هەڵچوونی خۆی سەرەوژێری کردن. [٢٤]جا هەموو نەتەوەکان دەڵێن: ”بۆچی یەزدان وای بەم خاکە کرد، جۆشانی ئەم تووڕەییە بەتینە بۆچی؟“

[٢٥]«وەڵامەکەیان ئەمەیە: ”چونکە وازیان لە پەیمانی یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان هێنا، کە لەگەڵی بەستن کاتێک لە خاکی میسر دەریهێنان. [٢٦]چوون خوداوەندی دیکەیان پەرست و کڕنۆشیان بۆ برد، کە نە ناسیبوویان و نە خوداش پێیدابوون. [٢٧]لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدان بەسەر ئەم خاکەدا جۆشا، هەتا هەموو ئەو نەفرەتانەی لەم پەڕتووکی فێرکردنەدا نووسراون بەسەریدا هێنای. [٢٨]یەزدان لە خاکەکەیاندا بە تووڕەیی و زەبر و ڕقێکی زۆرەوە ڕیشەکێشی کردن و وەک ئەمڕۆ فڕێیدانە خاکێکی دیکە.“

[٢٩]«نهێنییەکان بۆ یەزدانی پەروەردگارمانە و ئەو شتانەی کە خودا بۆی ئاشکرا کردین بۆ ئێمە و نەوەکانمانە هەتاهەتایە، هەتا کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەین.

[a] ٨ هۆزی مەنەشە دابەش ببوون بۆ سەر دوو بەش، هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی ڕووباری ئوردونەوە.

## سەرکەوتن دوای گەڕانەوە بۆ لای یەزدان

٣٠ «کاتێك هەموو ئەم بەرەکەت و نەفرەتەی
کە خستوومەتە بەردەمتان بەسەرتان دێت،
یەزدانی پەروەردگارتان لەنێو هەموو ئەو نەتەوانەی
بۆ لایان دەرتاندەکات، ئینجا بەخۆتاندا دەچنەوە.
٢ئەو کاتە خۆتان و منداڵەکانتان پڕ بە دڵ و لە
ناختانەوە دەگەڕێنەوە لای یەزدانی پەروەردگارتان و
گوێڕایەڵی دەبن، بەگوێرەی هەموو ئەوەی من ئەمڕۆ
فەرمانتان پێ دەکەم. ٣ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان
لە ڕاپێچکراوی دەتانگەڕێنێتەوە[a] و بەزەیی پێتاندا
دێتەوە، دووبارە کۆتان دەکاتەوە لەنێو هەموو
ئەو گەلانەی یەزدانی پەروەردگارتان بەناویاندا
پەرشوبڵاوی کردنەوە. ٤ئەگەر بۆ ئەوپەڕی ئاسمان
پەرشوبڵاو کرابنەوە، ئەوا یەزدانی پەروەردگارتان
لەوێوە کۆتان دەکاتەوە و لەوێوە دەتانگەڕێنێتەوە و
٥یەزدانی پەروەردگارتان دەتانهێنێتە ئەو خاکەی کە
باوباپیرانتان خاوەنی بوون، جا ئێوە دەستی بەسەردا
دەگرن و سەرکەوتووتان دەکات و لە باوباپیرانتان
زۆرترتان دەکات. ٦یەزدانی پەروەردگارتان دڵی خۆتان
و دڵی نەوەکەتان خەتەنە دەکات، تاکو یەزدانی
پەروەردگارتان پڕ بە دڵ و لە ناختانەوە خۆشبوێت
بۆ ئەوەی بژین. ٧هەروەها یەزدانی پەروەردگارتان
هەموو ئەم نەفرەتانە دەخاتە سەر دوژمنەکانتان
و ئەوانەی ڕقیان لێتانە و دەتانچەوسێننەوە، ٨بەڵام
ئێوە دەگەڕێنەوە و گوێڕایەڵی یەزدان دەبن و کار بە
هەموو فەرمانەکانی دەکەن کە من ئەمڕۆ فەرمانتان
پێ دەکەم. ٩ئینجا یەزدانی پەروەردگارتان لە هەموو
کارەکانی دەستتان سەروەت و سامانتان زۆر دەکات،
لە بەری سك و ئاژەڵیماڵی و بەروبوومی خاك،
چونکە یەزدان سەرلەنوێ پێتان دڵخۆش دەبێت و
سەرکەوتووتان دەکات، وەك بە باوباپیرانتان دڵخۆش
بوو، ١٠ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان
بوون، فەرمان و فەرزەکانی بەجێبهێنن کە لەم
پەڕتووکی تەوراتەدا نووسراون، ئەگەر پڕ بە دڵتان و
لە ناختانەوە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان گەڕانەوە.

## دانانی ژیان و مردن

١١«ئەم فەرمانەی من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم،
لەسەرتان قورس نییە و لێتانەوە دوور نییە. ١٢لە
ئاسمان نییە هەتا بڵێن: ”کێ بۆمان سەردەکەوێتە
ئاسمان و بۆمان دەهێنێت و بە گوێمانیدا دەدات
هەتا کاری پێ بکەین؟“ ١٣هەروەها لە پشتی دەریا
نییە هەتا بڵێن: ”کێ بۆمان لە دەریا دەپەڕێتەوە و
بۆمان دەهێنێت و بە گوێمانیدا دەدات هەتا کاری
پێ بکەین؟“ ١٤بەڵکو پەیامەکە زۆر لێتان نزیکە،
لەسەر زمانتانە و لە دڵتاندایە، هەتا کاری پێ بکەن.
١٥«بڕوانن، من ئەمڕۆ ژیان و چاکە، مردن و
خراپەم خستووەتە بەردەمتان، ١٦لەبەر ئەوەی من
ئەمڕۆ فەرمانم پێکردن کە یەزدانی پەروەردگارتان
خۆشبوێت و ڕێگاکانی بگرنەبەر و فەرمان و
فەرزەکانی بەجێبهێنن و یاساکانی پەیڕەو بکەن،
بۆ ئەوەی ئێوە بژین و گەشە بکەن و یەزدانی
پەروەردگارتان لەو خاکەی ئێوە دەچنە ناوی هەتا
دەستی بەسەردا بگرن، بەرەکەتدارتان بکات.
١٧«بەڵام ئەگەر دڵتان لاچوو و گوێتان نەگرت،
بەڵکو گومڕا بوون و بۆ خودای دیکە کڕنۆشتان برد و
خزمەتتان کردن، ١٨ئەوا من ئەمڕۆ پێتان ڕادەگەیەنم
کە ئێوە بێگومان لەناودەچن، تەمەن درێژ نابن
لەسەر ئەو خاکەی لە ڕووباری ئوردون بۆی
دەپەڕنەوە هەتا بچنە ناوی و دەستی بەسەردا بگرن.
١٩«من ئەمڕۆ ئاسمان و زەویتان لێ دەکەمە
شایەت، کە من ژیان و مردن، بەرەکەت و نەفرەتم
لەبەردەمتان داناوە، جا ژیان هەڵبژێرن هەتا خۆتان
و نەوەکانتان بژین. ٢٠یەزدانی پەروەردگارتان
خۆشدەوێت و گوێ لە دەنگی دەگرن و دەستی
پێوە دەگرن. لەبەر ئەوەی ئەو ژیانتانە و درێژە بە
تەمەنتان دەدات هەتا لەو خاکە نیشتەجێ بن کە
یەزدان بۆ باوباپیرانتان ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب
سوێندی خوارد کە بیانداتێ.»

---

[a] ٣ گەڕاندنەوە لە ڕاپێچکراوی هێمایەك بووە بۆ نوێکردنەوەی بەختەوەری.

## یەشوع جێگەی موسا دەگرێتەوە

٣١ جا موسا چوو بەم وشانە لەگەڵ هەموو
نەوەی ئیسرائیل قسەی کرد و [٢]پێی گوتن:
«ئێستا من تەمەنم سەد و بیست ساڵە، ئیتر ناتوانم
ڕابەرایەتیتان بکەم و یەزدانیش پێی فەرمووم:
”لەم ڕووباری ئوردونە مەپەڕەوە.“ [٣]یەزدانی
پەروەردگارتان لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە، خۆی
ئەو نەتەوانە لەپێشتانەوە لەناودەبات و ئێوەش
دەبنە میراتگریان. یەشوع لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە
وەك یەزدان فەرمووی. [٤]هەروەها یەزدان چی بە
سیحۆن و عۆگ و بە خاکەکەیان کرد، دوو پاشاکەی
ئەمورییەکان، کە لەناوی بردن ئاواش بەوان دەکات.
[٥]جا کاتێك یەزدان ئەوانی خستە دەستتان بەگوێرەی
هەموو ئەو فەرمانانەی فەرمانم پێتان کرد، ئاوایان
لێ دەکەن. [٦]بەهێزبن و ئازابن، لێیان مەترسن و
مەتۆقن، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵتان
دەڕوات، هەرگیز پشتگوێتان ناخات و وازتان لێ
ناهێنێ.»

[٧]جا موسا یەشوعی بانگکرد و لەبەرچاوی هەموو
ئیسرائیل پێی گوت: «بەهێز و ئازابە، چونکە تۆ
لەگەڵ ئەم گەلە دەچیتە ناو ئەو خاکەی یەزدان
سوێندی بۆ باوباپیرانیان خوارد کە بیانداتێ و تۆش
بۆیانی دابەش دەکەیت وەك میراتیان، [٨]یەزدانیش
خۆی لەپێشتەوە دەڕوات، ئەو لەگەڵت دەبێت،
هەرگیز پشتگوێت ناخات و وازت لێ ناهێنێ،
مەترسە و ورە بەرمەدە.»

## خوێندنەوەی تەورات

[٩]ئینجا موسا ئەم فێرکردنەی نووسی و دایە دەستی
کاهینەکان، کە نەوەی لێڤین و هەڵگری سندوقی
پەیمانی یەزدانن، لەگەڵ هەموو پیرانی ئیسرائیل.
[١٠]موسا فەرمانیشی پێکردن و گوتی: «لە کۆتایی
هەر حەوت ساڵێك، لە کاتی ساڵی بەتاڵکردنەوەی
قەرزەکان[a]، لە جەژنی کەپرەشینەدا[b]، [١١]کاتێك
هەموو ئیسرائیل دێن هەتا لەبەردەم یەزدانی
پەروەردگارت دەربکەون لەو شوێنەی کە
هەڵیدەبژێرێت، ئەم فێرکردنە لە بەرامبەر هەموو
ئیسرائیلدا گوێیان لێ بێت کە دەیخوێنیتەوە.
[١٢]گەل کۆبکەنەوە، پیاو و ئافرەت و منداڵ و ئەو
نامۆیانەش کە لە شارۆچکەکانتانە بۆ ئەوەی گوێ
بگرن و فێر بن لە یەزدانی پەروەردگارتان بترسن
و هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە پەیڕەو بکەن و
کاری پێ بکەن. [١٣]هەروەها نەوەکانیشتان کە ئەم
فێرکردنەیان نەزانیوە، گوێ دەگرن و فێر دەبن لە
یەزدانی پەروەردگارتان بترسن، بە درێژایی ئەو
ڕۆژانەی لەسەر ئەو زەوییە دەژین کە ئێوە لە
ڕووباری ئوردون بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی
بەسەردا بگرن.»

## پێشبینی یاخیبوونی ئیسرائیل

[١٤]یەزدان بە موسای فەرموو: «وا تەمەنت لە
مردن نزیك بووەتەوە، یەشوع بانگ بکە و لەناو
چادری چاوپێکەوتن بوەستن بۆ ئەوەی ئەرکی پێ
بسپێرم.» ئیتر موسا و یەشوع چوون و لەناو چادری
چاوپێکەوتن ڕاوەستان.
[١٥]ئینجا یەزدان لە ستوونی هەورێك دەرکەوت
و ستوونی هەورەکە لە دەروازەی چادرەکە وەستا.
[١٦]یەزدان بە موسای فەرموو: «ئەوەتا تۆ لەگەڵ
باوباپیرانت سەردەنێیتەوە، جا ئەم گەلە هەڵدەستن
و لەشفرۆشی[c] دەکەن لەگەڵ خوداوەندە بێگانەکان
لەو خاکەی ئەوان دەچنە ناوی لەنێویان و وازم لێ

---

[a] ١٠ بەتاڵکردنەوەی قەرزەکان: بڕوانە ١:١٥-١٠.

[b] ١٠ جەژنی کەپرەشینە: بڕوانە ١٣:١٦-١٧، لێڤییەکان٢٣:٣٣-٤٣، سەرژمێری ١٢:٢٩-٣٨.

[c] ١٦ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت بەرامبەر بە ژنەکەی.

دەهێنن و ئەو پەیمانەم دەشکێنن کە لەگەڵیان
بەستووە. ١٧ ئیتر لەو ڕۆژەدا تووڕەییم بەسەریاندا
گڕ دەگرێت و وازیان لێ دەهێنم و ڕووی خۆم لێیان
دەشارمەوە و دەبنە نێچیر و تووشی زۆر ناخۆشی
و بەڵا دەبن، هەتا ئەوەی لەو ڕۆژەدا دەڵێن: ”ئایا
لەبەر ئەوە تووشی ئەو بەڵایانە بووین چونکە خودا
لەگەڵمان نییە؟“ ١٨ منیش لەو ڕۆژەدا ڕووی خۆم
دەشارمەوە لەبەر هەموو ئەو خراپەیەی کە کردیان
و کە دوای خودای دیکە کەوتن.

١٩ «ئێستاش ئەم سروودە بۆ خۆتان بنووسن و
نەوەی ئیسرائیلیشی پێ فێر بکەن، بیخەنە دەمیانەوە
هەتا بۆ من ببێتە شایەت بەسەر نەوەی ئیسرائیلەوە،
٢٠ چونکە من دەیانبەمە ناو ئەو خاکەی سوێندم بۆ
باوباپیرانیان خوارد، ئەوەی شیر و هەنگوینی لێ
دەڕژێت، جا دەخۆن و تێر دەبن و قەڵەو دەبن و
ئینجا دوای خودای دیکە دەکەون و دەیپەرستن و
پشتم لێ دەکەن و پەیمانەکەم دەشکێنن. ٢١ جا
کاتێک تووشی بەڵا و ناخۆشی دەبن، ئەم سروودە
وەک شایەت وەڵامیان دەداتەوە، چونکە لە دەمی
نەوەکەیان لەبیر ناکرێت، من دەزانم ئەوان ئەمڕۆ
بیر لە چی دەکەنەوە، بەر لەوەی بیانبەمە ناو ئەو
خاکەوە وەک سوێندم بۆ خواردن.» ٢٢ جا موسا لەو
ڕۆژەدا ئەم سروودەی نووسی و نەوەی ئیسرائیلیشی
پێ فێرکرد.

٢٣ ئینجا یەزدان فەرمانی بە یەشوعی کوڕی نون
کرد و فەرمووی: «بەهێزبە و ئازابە، چونکە تۆ
نەوەی ئیسرائیل دەبەیتە ناو ئەو خاکەی لەسەری
سوێندم بۆیان خوارد و منیش لەگەڵت دەبم.»

٢٤ لەدوای ئەوەی موسا بە تەواوی لە نووسینی
وشەکانی ئەم فێرکردنە بووەوە لە پەڕتووکێک،
٢٥ فەرمانی بە لێڤییەکانی هەڵگرانی سندوقی
پەیمانی یەزدان کرد و گوتی: ٢٦ «ئەم پەڕتووکەی
تەورات ببەن و لەتەنیشت سندوقی پەیمانی
یەزدانی پەروەردگارتان داینێن، هەتا وەک شایەتی
بەسەرتانەوە لەوێ بێت، ٢٧ چونکە من یاخیبوون
و کەللەڕەقیتان دەزانم. من وا هێشتا زیندووم و
ئەمڕۆ لەگەڵتانم، ئێوە بەو شێوەیە بەربەرەکانێی
یەزدان دەکەن، ئەی باشە لەدوای مردنم چی
دەکەن! ٢٨ هەموو پیرانی هۆزەکان و کوێخاکانتانم
بۆ کۆبکەنەوە، هەتا ئەم وشانەیان بەگوێدا بدەم،
ئاسمان و زەوی بکەم بە شایەت بەسەریانەوە،
٢٩ چونکە دەزانم ئێوە دوای مردنم بە تەواوی گەندەڵ
دەبن و لەو ڕێگایە لادەدەن کە فەرمانم پێ کردوون.
لە ڕۆژانی ئایندە تووشی خراپە دەبن، چونکە لە
بەرامبەر یەزدان خراپە دەکەن، بەو بتانە پەستی
دەکەن کە بەدەستی خۆتان دروستی دەکەن.»

## سروودەکەی موسا

٣٠ جا موسا تەواوی وشەکانی ئەم سروودەی خستە
بەر گوێی هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل:

٣٢ گوێ شل بکە ئەی ئاسمان، وا قسە
دەکەم،
با زەویش گوێ بگرێت لە وشەی دەمم.
٢ فێرکردنم وەک باران دەبارێت،
وشەم وەک شەونم دەتکێت،
وەک نمە باران بەسەر سەوزایی
وەک ڕەهێڵ بەسەر گیا.

٣ ناوی یەزدان ڕادەگەیەنم،
مەزنایەتی بە خودامان ببەخشن.
٤ خودا تاشەبەردە، کردارەکانی تەواوە،
چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرییە،
خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە،
ئەو ڕاستودروست و دادپەروەرە.

٥ لە ڕەفتاردا گەندەڵ بوون لە بەرامبەر ئەو
چونکە لەکەدارن، کچ و کوڕی ئەو نین،
کەموکوڕییان ئەوەیە،
نەوەیەکی چەوت و خوارن.
٦ ئایا بەم شێوەیە پاداشتی یەزدان دەدەنەوە،
ئەی گەلی گێل و نادانا؟
ئایا ئەو باوک و دروستکەرتان نییە،
ئەوەی دروستی کردن و پێکی هێنان؟

[٧] یادی ڕۆژانی دێرین بکەنەوە،
لە ساڵانی نەوەکانی پێشوو وردبنەوە،
لە باوکتان بپرسن پێتان ڕادەگەیەنێت،
لە پیرانتان بپرسن پێتان دەڵێن.
[٨] کاتێك خودای هەرەبەرز نەتەوەکانی بەش بەش کرد،
کاتێك نەوەی ئادەمی دابەش کرد،
سنووری بۆ گەلان دانا،
بەگوێرەی ژمارەی نەوەی ئیسرائیل.
[٩] بەشی یەزدان گەلەکەیەتی،
یاقوب بەشی میراتەکەیەتی.

[١٠] لە خاکێکی چۆڵ دۆزییەوە،
لە چۆڵەوانییەکی ترسناك و وێراندا،
دەوری دا و بایەخی پێیدا،
وەك گلێنەی چاوی پاراستی.
[١١] وەك هەڵۆ هێلانەی خۆی دەهەژێنێت،
لەسەر بێچووەکانی باڵەفڕکێ دەکات،
باڵەکانی لێك دەکاتەوە و دەیبات،
لەسەر شاپەڕەکانی هەڵیدەگرێت.
[١٢] ئاوا یەزدان بە تەنها ڕابەرایەتی کرد،
هیچ خوداوەندێکی بێگانەی لەگەڵ نەبوو.

[١٣] سواری بەرزاییەکانی زەوی کرد،
لە بەروبوومی دەشتودەری خوارد،
لە تاشەبەردەوە هەنگوینی دەرخوارد دا،
زەیتیش لە بەردەئەستێوە.
[١٤] دەڵەمە[a] و شیری مەڕومالات،
لەگەڵ دوگی[b] بەرخ و
بەرانی باشان و تەگە[c]،
لەگەڵ چەوری ناوکی گەنم.
تۆ لە خوێنی ترێ شەرابت خواردەوە.

[١٥] نەوەی ئیسرائیلی سەرڕاست[d] قەڵەو بوون و جووتەیان وەشاند،
قەڵەو بوون و پڕ بوون و بە پیو[e] داپۆشران.
ئیتر پشتیان کردە ئەو خودایەی کە دروستی کردبوون،
تاشەبەردی ڕزگارییەکەیان ڕەتکردەوە.
[١٦] ئیرەییان[f] وروژاند بە پەرستنی خودا بێگانەکانیان و
بە بتە قێزەونەکان پەستیان کرد.
[١٧] بۆ بتەکان[g] کە خودا نین قوربانییان سەربڕی،
چەند خودایەك نەیانناسیون،
تازەن و بەم زووانە دەرکەوتوون،
کە باوکانتان لێیان نەترساون.
[١٨] ئەو تاشەبەردەی ئێوەی بوو وازتان لێ هێنا،
ئەو خودایەی لەدایکبوونی پێداین لەبیرتان کرد.

[١٩] جا یەزدان بینی و ڕەتی کردنەوە،
لەبەر ئەوە توورە بوو بەهۆی کچەکانی و کوڕەکانی.
[٢٠] فەرمووی، «ڕووی خۆم لێیان دەشارمەوە،
سەیر دەکەم کۆتاییان چی دەبێت،
ئەوانە نەوەیەکی هەڵگەڕاوەن،
ئەو کوڕانە دەستپاکیان تێدا نییە.
[٢١] ئەوان بەوانەی خودا نین ئیرەییان وروژاندم،
بە بتە پووچەکانیان پەستیان کردم،
منیش وایان لێدەکەم ئیرەیی بەوانە ببەن کە گەل نین،
بە نەتەوەیەکی گێل پەستیان دەکەم.
[٢٢] چونکە بە توورەییم ئاگرێك داگیرساوە،
گڕ دەگرێت هەتا جیهانی مردووانی ژێرەوە،

[a] ١٤ یان دەرەمە، قۆناغی پێش دروستبوونی پەنیر.
[b] ١٤ دوگ یان دونگ.
[c] ١٤ نێری، سابرێن.

[d] ١٥ عیبری یەشوروون: بە واتای سەرڕاست یان دادپەروەر دێت، وەکو نازناوێك بۆ گەلی ئیسرائیل بەکارهاتووە.
[e] ١٥ پیو: واتە بەز، لێرە و لە ئایەتی ٣٨.
[f] ١٦ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە بتپەرستی، چونکە خودا دەیەوێت تەنها ئەو بپەرسترێت.
[g] ١٧ بتەکان: بە واتای ڕۆحە پیسەکان.

زەوی و خەرمانەکەی دەخوات،
بناغەکانی چیاکان دەسووتێنێت.

٢٣ «کارەساتیان بەسەردا کۆدەکەمەوە،
تیرەکانم لەواندا دەچەقێنم.
٢٤ کاتێك لە برسان کەوتوون،
پەکیان کەوتووە لەبەر تا و پەتای فەوتێنەر،
ددانی دڕندە دەنێرمە سەریان،
لەگەڵ ژەهری مارە خشۆکەکان.
٢٥ لە دەرەوە شمشێر جەرگیان دەسووتێنێت و
لەناوماڵەوەشیان تۆقین،
کوڕی گەنج و پاکیزە لەناودەچن،
منداڵی شیرەخۆر لەگەڵ پیاوی پیر.
٢٦ فەرمووم: "پەرتەوازەیان دەکەم،
یادیان لەنێو خەڵکی دەسڕمەوە."
٢٧ بەڵام لەوە ترسام کە دوژمن پەستم بکات،
کە لەوانەیە دوژمنانیان تێنەگەن،
نەوەك بڵێن: "خۆمان باڵادەست بووین،
یەزدان هەموو ئەمانەی نەکردووە."»

٢٨ ئەوان نەتەوەیەکن ڕاوێژ لێ بڕاون،
کوا تێگەیشتنیش لەناویان؟
٢٩ خۆزگە دانا دەبوون و لەمە تێدەگەیشتن و
کۆتاییەکەیان لەبەرچاو دەگرت.
٣٠ چۆن یەکێك هەزار ڕاو دەنێت و
دووان دە هەزار تێکدەشکێنن،
ئەگەر تاشەبەردەکەیان[a] ئەوانی نەفرۆشتبێت[b]،
یەزدان بەدەستەوەی نەدابن.
٣١ چونکە تاشەبەردیان وەك تاشەبەردی ئێمە[c] نییە،
تەنانەت دوژمنانیشمان دانی پێدا دەنێن.
٣٢ چونکە مێویان لە مێوی سەدۆمە و
ترێیان هی باخەکانی عەمۆرایە،
ترێیەکەیان ژەهرە و هێشووەکانیان تاڵن.
٣٣ شەرابەکەیان ژەهری مارەکان و
تاڵاوی ماری کۆبرا کوشندەکانە.

٣٤ «ئایا ئەمە لەلای من هەڵنەگیراوە،
لەناو گەنجینەکانم مۆری لێ نەدراوە؟
٣٥ تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم،
لە کاتێکدا پێیان دەخلیسکێت،
چونکە ڕۆژی بەڵایان نزیك بووەتەوە و
چارەنووسیان بۆیان خێرایە.»

٣٦ چونکە یەزدان ئەستۆپاکی گەلەکەی
دەسەلمێنێت و
لەگەڵ خزمەتکارەکانی میهرەبان دەبێت،
کە دەبینێت هێزیان بەسەرچووە و
نە کۆیلە و نە ئازاد کەس نەماوە.
٣٧ خودا دەفەرموێت: «کوا خوداوەندەکانیان،
ئەو تاشەبەردەی پەنایان بۆ برد،
٣٨ ئەو خوداوەندانەی کە پیوی قوربانییەکانیان
دەخواردن،
شەرابی خواردنەوە پێشکەشکراوەکانیان
دەخواردنەوە؟
با بێن و یارمەتیتان بدەن،
با پارێزگاریتان لێ بکەن!

٣٩ «ئێستا ببینن، من، من ئەوم،
هیچ خودایەکی دیکە نییە لە پاڵم.
من دەمرێنم و دەژیێنم،
بریندار دەکەم و من چاك دەکەمەوە،
کەس نییە کەسێك لە دەستی من دەرباز بکات.
٤٠ من دەستم بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە و سوێند
دەخۆم:
بە دڵنیاییەوە هەتاهەتایە من زیندووم،
٤١ کاتێك شمشێرە درەوشاوەکەم تیژ بکەمەوە و
بۆ دادوەریکردن بە دەستەوەی بگرم،
تۆڵە لە دوژمنانم دەکەمەوە و
ناحەزانم سزا دەدەم.
٤٢ تیرەکانم بە خوێن مەست دەکەم و

[a] ٣٠ تاشەبەردەکەیان: ڕەوانبێژی لێکچواندنە، مەبەستی یەزدانە. بڕوانە ئایەتی ٤.
[b] ٣٠ نەفرۆشتبێت: مەبەستی سزادانیانە لەبەر شکاندنی پەیمانەکەیان. بڕوانە ئایەتەکانی ١٨ و ١٩.
[c] ٣١ تاشەبەردی ئێمە: مەبەستی لە یەزدانە.

شمشێرەکەم گۆشت دەخوات،
لە خوێنی کوژراوان و بەدیلگیراوان،
لە کەللەسەری ڕابەرانی دوژمن.»

[٤٣] ئەی نەتەوەکان، لەگەڵ گەلی خودا دڵخۆش بن،
چونکە تۆڵەی خوێنی خزمەتکارانی دەکاتەوە،
لە دوژمنانی تۆڵە دەکاتەوە،
کەفارەتی خاك و گەلەکەی خۆی دەکات.

[٤٤]جا موسا خۆی و یەشوعی کوڕی نون هاتن و
هەموو وشەکانی ئەم سروودەیان بۆ گەل خوێندەوە.
[٤٥]کاتێك موسا لە وتارەکە تەواو بوو، بە هەموو
ئەم وشانە بۆ هەموو ئیسرائیل، [٤٦]پێی گوتن: «لە
دڵەوە لە هەموو ئەو وشانە وردببنەوە کە من
ئەمڕۆ شایەتی پێدەدەم لەسەرتان، هەتا فەرمان
بە منداڵەکانتان بکەن کە ئاگاداربن کار بە هەموو
وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەن. [٤٧]تەنها وشەی بێ نرخ
نییە بۆتان، بەڵکو ژیانتانە، بەهۆی ئەمانەوە تەمەن
درێژ دەبن لەسەر ئەو خاکەی لە ڕووباری ئوردون
بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی بەسەردا بگرن.»

## موسا لەسەر چیای نەبۆ دەمرێت

[٤٨]یەزدانیش لە هەمان ڕۆژدا بە موسای فەرموو:
[٤٩]«سەربکەوە بۆ سەر زنجیرە چیای عەڤاریم،
بۆ چیای نەبۆ کە لە خاکی مۆئابە و بەرامبەر بە
ئەریحایە و لەوێوە تەماشای خاکی کەنعان بکە کە
من وەك موڵك بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم. [٥٠]لەو
کێوەدا کە بۆی سەردەکەویت دەمریت و دەچیتە
پاڵ گەلەکەتەوە، وەك چۆن هارونی برات لە کێوی
هۆردا مرد و چووە پاڵ گەلەکەی، [٥١]لەبەر ئەوەی
ئێوە ناپاك بوون لەگەڵم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا
لەلای مێرگی مەریبای قادێش لە چۆڵەوانی چن،
چونکە پیرۆزی منتان لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا
ڕانەگرت. [٥٢]لەبەر ئەوە تۆ ناچیتە ناو ئەو خاکەی کە
بە گەلی ئیسرائیلی دەدەم، بەڵکو تەنها لە دوورەوە
دەیبینیت.»

## موسا داوای بەرەکەت دەکات بۆ هۆزەکان

٣٣ ئەوەش ئەو بەرەکەتەیە کە موسای پیاوی
خودا بۆ نەوەی ئیسرائیل[a] داوای کرد، بەر
لە مردنی، [٢]گوتی:

«یەزدان لە سیناوە هات و
لە سێعیرەوە بەسەریاندا هەڵهات،
لە کێوی پارانەوە درەوشایەوە و
هەزاران هەزار فریشتەی پیرۆزی لەگەڵ بوو،
لە بنارەکانی باشوورەوە.
[٣]هەروەها ئەی ئەوەی گەلانت خۆشدەوێت،
هەموو پیرۆزەکانی لە دەستی تۆن،
ئەوان لەلای پێت کڕنۆش دەبەن،
ڕێنمایی لە تۆ وەردەگرن.
[٤]موسا فەرمانی فێرکردنی پێداین،
میراتە بۆ کۆمەڵی یاقوب.
[٥]لەنێو یەشوروون[b] بوو بە پاشا،
بە کۆبوونەوەی ڕابەرەکانی گەل،
هۆزەکانی ئیسرائیل پێکەوە.

[٦]«با نەوەی ڕەئوبێن بژییێت و نەمرێت،
با پیاوەکانی کەم نەبن.»

[٧]سەبارەت بە نەوەی یەهودا ئەمەی گوت:

«ئەی یەزدان، گوێ لە دەنگی یەهودا بگرە و
بۆ لای گەلەکەی بیهێنە،
دەستەکانی بەسە بۆی،
ببە بە یارمەتیدەر لە دژی دوژمنانی!»

[٨]سەبارەت بە نەوەی لێڤی گوتی:

[a] ١ نەوەی ئیسرائیلی: لێرەدا موسا بە ناوی وەچەکانی یاقوبەوە داوای بەرەکەت بۆ نەوەکانی ئەم هۆزانە دەکات، کە ئەم وەچانە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە خاکی میسردا مردبوون. بڕوانە پەیدابوون ١٣:١٥ و دەرچوون ١:١-٧ و کردار ٦:٧.

[b] ٥ ناوی (یەشوروون) واتە (ئەو کەسەی کە سەرڕاستە)، لێرە مەبەست لە نەوەی ئیسرائیلە.

«تومیم و ئوریمی[a] تۆ
بۆ پیاوە خۆشەویستەکەتە،
ئەوەی لە مەسا تاقیت کردەوە و
لە مێرگی مەریبا خەباتت لەگەڵدا کرد.
٩ ئەوەی[b] سەبارەت بە دایك و باوکی گوتی،
”ڕەچاوم نەکردوون،“
دانی بە براکانیشیدا نەنا و
منداڵەکانیشی نەناسی،
بەڵام چاودێری فەرمایشتەکانی تۆی کرد و
پەیمانەکەی تۆی پاراست.
١٠ نەوەی یاقوب، فێری ڕاسپاردەکانت و
نەوەی ئیسرائیلیش فێری تەوراتی تۆ دەکات،
بۆنی بخوور دەخاتە بەردەمت و
قوربانی سووتاندنی تەواو دەخاتە سەر
قوربانگاکەت.
١١ ئەی یەزدان، توانای شارەزایی بەرەکەتدار بکە و
بە کرداری دەستی ڕازی بە،
لە کەمەری بەرهەڵستکاران و ناحەزانی بدە،
هەتا هەڵنەستنەوە.»

١٢ سەبارەت بە نەوەی بنیامین گوتی:

«ئەو خۆشەویستی یەزدانە، بە ئاسوودەیی لەلای
نیشتەجێ دەبێت،
بە درێژایی ڕۆژ داڵدەی دەدات و
یەزدان لەنێو هەردوو شانیدا نیشتەجێی
دەکات.»

١٣ سەبارەت بە نەوەی یوسف گوتی:

«با خاکەکەی لەلایەن یەزدانەوە بەرەکەتدار بێت
بە شەونمی گرانبەهای ئاسمان،
بە ئاوە قەتیسکراوەکانی خوارەوە،
١٤ بە بەهادارترین دیارییەکانی خۆر و
بەهادارترین دیارییەکانی بەروبوومی مانگ،
١٥ بە بەهادارترین دیارییەکانی چیا دێرینەکان،
بە بەسوودترین گردە هەتاهەتاییەکان،
١٦ بە بەهادارترین دیارییەکانی زەوی و پڕییەکەی،
لەگەڵ ڕەزامەندی نیشتەجێی ناو دەوەنەکە[c]،
با بەسەر سەری یوسفەوە بن،
بەسەر تەپڵی سەری لە براکانی جیا کرایەوە.[d]
١٧ نۆبەرەی گایەکەی شکۆمەندییە بۆی،
قۆچەکانی قۆچی گای کێوین،
بەوان قۆچ لە گەلان دەدات،
پێکەوە هەتا ئەوپەڕی زەوی،
ئەوان هەزاران هەزاری ئەفرایم و
هەزارانی مەنەشەن.»

١٨ سەبارەت بە نەوەی زەبولون گوتی:

«ئەی زەبولون بە کۆچکردنت دڵخۆش بە و
تۆش ئەی یەساخار بە چادرەکانت،
١٩ گەلان بۆ چیا بانگ دەکەن،
لەوێ قوربانی ڕاستودروستی سەردەبڕن،
هەتا لە پڕی دەریا بمژن و
لەو گەنجینەیەی لەژێر لم شاردراوەتەوە.»

٢٠ سەبارەت بە نەوەی گاد گوتی:

«بەرەکەتدارە ئەوەی سنووری خاکی گادی فراوان
کرد!
وەك شێرە مێ نیشتەجێ بوو،
قۆڵی پارچەپارچە کرد لەگەڵ تەپڵی سەر،
٢١ باشترین خاکی بۆ خۆی دانا،
بەشی فەرماندەی بۆ خۆی هەڵگرت،
کاتێك سەرکردەکانی گەل کۆبوونەوە،
دادوەری یەزدانی جێبەجێ کرد و
حوکمەکانیشی سەبارەت بە ئیسرائیل.»

٢٢ سەبارەت بە نەوەی دان گوتی:

[a] ٨ تومیم و ئوریم: دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە دەرچوون ٢٨:٣٠ و یەکەم ساموئێل ٢٣:٩-١٢.

[b] ٩ مەبەست لە هۆزی لێڤییە.

[c] ١٦ مەبەستی لە دەرکەوتنی خودایە بۆ موسا لەناو دەوەنەکە، بڕوانە دەرچوون ٣:١-٦.

[d] ١٦ بڕوانە پەیدابوون ٣٧:١١-١٥؛ ٤٤:١٤.

«دان بەچکە شێرە،
لە باشان قەڵەمباز بەرەو پێش دەدات.»

[٢٣]سەبارەت بە نەوەی نەفتالی گوتی:

«ئەی نەفتالی، تێر بە لە ڕەزامەندی و
پڕ بە لە بەرەکەتی یەزدان،
دەست بەسەر ڕۆژئاوا و باشووری خاکەکەتدا
بگرە.»

[٢٤]سەبارەت بە نەوەی ئاشێر گوتی:

«با ئاشێر لەنێو کوڕان بەرەکەتدار بێت،
با لەلای براکانی پەسەند بێت،
با پێی بکاتە ناو زەیت،
[٢٥]دەروازەکانت لە ئاسن و بڕۆنزن،
بەگوێرەی درێژی تەمەنت هێزت پێ
دەبەخشێت.»

[٢٦]«خودای یەشوروون هاوتای نییە،
سواری ئاسمان دەبێت بۆ یارمەتیدانت،
هەروەها هەورەکان لە شکۆی خۆیدا.
[٢٧]خودای هەتاهەتایی پەناگاتە و
باڵە هەمیشەییەکانیشی لە ژێرەوە.
دوژمنی لەبەردەمت دەرکرد و
فەرمووی: "لەناو ببە!"
[٢٨]جا ئیسرائیل بە تەنها و بە ئاسوودەیی نیشتەجێ
دەبێت،
جێنشینی یاقوب گیروگرفتی نابێت،
لە خاکی دانەوێڵە و شەرابی نوێ دەبێت،
ئاسمانەکەشی شەونم دەتکێنێت.
[٢٩]ئەی ئیسرائیل، خۆزگەت پێ دەخوازرێت،
کێ وەک تۆیە،
گەلێکی ڕزگار بوو لەلایەن یەزدانەوە؟
قەڵغانی یارمەتی و
شمشێری شکۆمەندیتە،
جا دوژمنانت ملکەچیت بۆ دەنوێنن،
تۆش نزرگەکانی سەر بەرزاییان[a] پێشێل
دەکەیت.»

## مردنی موسا

٣٤ ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ
چیای نەبۆ سەرکەوت بۆ سەری پسگە،
کە بەرامبەر ئەریحایە، جا یەزدان هەموو خاکەکەی
پیشان دا، لە گلعادەوە هەتا دان و [٢]هەموو نەفتالی
و خاکی ئەفرایم و مەنەشە و هەموو خاکی یەهودا
هەتا دەریای ڕۆژئاوا و [٣]نەقەب و هەموو ناوچەکە،
لە دۆڵی ئەریحاوە «شاری دار خورما» هەتا زۆعەر،
[٤]یەزدان پێی فەرموو: «ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم
بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم:
"دەیدەمە نەوەکەت." وا بە چاوەکانی خۆت پێم
پیشان دایت، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە.»
[٥]جا موسای بەندەی یەزدان لەوێ مرد، لە خاکی
مۆئاب بەگوێرەی فەرمانی یەزدان. [٦]یەزدان لە خاکی
مۆئاب لە دۆڵەکە بەرامبەر بێتپەعۆر ناشتی، هەتا
ئەمڕۆش کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت. [٧]موسا تەمەنی
سەد و بیست ساڵان بوو کاتێک مرد، هێشتا چاوەکانی
کز نەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو. [٨]جا نەوەی
ئیسرائیل لە دەشتەکانی مۆئاب سی ڕۆژ ماتەمیان بۆ
گێڕا، ئینجا ڕۆژانی گریان و شیوەنی موسا تەواو بوو.
[٩]یەشوعی کوڕی نونیش پڕ بوو لە ڕۆحی دانایی،
چونکە موسا دەستی لەسەر دانابوو. ئیتر نەوەی
ئیسرائیل گوێیان لێ گرت و ئاوایان کرد وەک ئەوەی
یەزدان فەرمانی بە موسا کردبوو.
[١٠]جا هیچ پێغەمبەرێک لە ئیسرائیل پەیدا نەبوو
وەک موسا کە یەزدانی ڕوو بە ڕوو ناسی، [١١]لە هەموو
ئەو نیشانە و پەرجووانەی یەزدان ناردی هەتا لە خاکی
میسر بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو
خاکەکەی بکات. [١٢]هەرگیز کەس ئەو توانا مەزنەی
پیشان نەداوە و ئەو کارە سامناکانەی لەبەرچاوی
هەموو ئیسرائیل نەکردووە کە موسا کردی.

[a] ٢٩ مەبەست لەو شوێنە بەرزانەیە کە بۆ قوربانیکردن و ڕێوڕەسمی پەرستنی بتەکان بووە، بڕوانە سەرژمێری ٥٢:٣٣.

# یەشوع

**کورتە باسێك**

**خودا ئەو خاکەی دایە دەست گەلی جولەکە کە بەڵێنی پێیان دابوو.**

لەدوای مردنی موسا جڵەوی ڕابەرایەتی گەل درایە دەست یەشوع، بە درێژایی ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەستگیرا بەسەر زۆربەی خاکی کەنعان، ئەو ڕابەری گەلی ئیسرائیل بوو. یەشوع هێشتا لە دەشتی مۆئاب بوو توانی هێزەکانی چەکدار و ئامادە بکات و بیباتە ئەو شەڕانەی لەدوای ئەوەی لە ڕووباری ئوردون پەڕییەوە تووشیان بوو، سێ شەڕ هەڵگیرسا: یەکەمیان لە هەرێمی باکوور، دووەم لە ناوەڕاست و سێیەمیش لە هەرێمی باشوور. لە هەر سێ شەڕەکە گەلی جولەکە سەرکەوتن، لەم پەڕتووکە بە گشتی باسی ئەو شەڕانە کراوە. لەدوای ئەو شەڕە سەرەتاییانە یەشوع خاکەکەی بەسەر ڕەچەڵەکەکانی ئیسرائیلدا دابەش کرد، ئینجا وتارێکی پێشکەش کردن و هانیدان لەسەر گوێڕایەڵبوونی خودا. لە سەرلێشێوان و گومڕایی ئاگاداری کردنەوە. ئینجا یەشوع لە تەمەنی پیری لە خاکی کەنعان مرد.

یەشوع لەم پەڕتووکە بە سروشی ڕۆحی پیرۆز ئەوەی دەرخستووە کە خودا دڵسۆزە بۆ هەر بەڵێنێك کە بیدات. هەر لەم پەڕتووکەدا دەبینین کە لەدوای ئەوەی خەڵکی خاکەکە گەندەڵ بوون و هەموو کارێکی قێزەون و گڵاویان کرد، لە پەرستنی بت و مرۆڤ کردنە قوربانی، گەلی خودا چوونە ناو ئەو خاکە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی. جگە لەوەش چوونیان بۆ ناو ئەو خاکە ڕاستەوخۆ نەبوو، خودا داوای لێکردن چەند شەڕێکی سەخت بکەن بەر لەوەی بچنە ناوی، چونکە خودا ویستی نەتەوەکان لەسەر گوناهەکانیان سزا بدات، خاوەنەکانی خاکی کەنعان، گەلی خودا گوێڕایەڵ بوون بۆ بەجێگەیاندنی بڕیارەکە.

## فەرمانی یەزدان بۆ یەشوع

١ ئەوە بوو پاش مردنی موسای بەندەی یەزدان، یەزدان بە یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری موسای فەرموو: ٢«موسای بەندەم مرد، ئێستا هەستە، خۆت و هەموو ئەم گەلە لە ڕووباری ئوردونەوە بپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی پێیان دەدەم، واتە بە نەوەی ئیسرائیل. ٣هەر شوێنێك پێی لێ بنێن، بە ئێوەی دەدەم، هەروەك بە موسام فەرموو، ٤لە چۆڵەوانییەوە و لەم لوبنانەوە هەتا ڕووباری گەورە، ڕووباری فورات، هەموو خاکی حیتییەکان و هەتا دەریای سپی ناوەڕاست[a] بەرەو ڕۆژئاوا دەبێت بە سنوورتان. ٥لە هەموو ڕۆژانی ژیانت کەس بەرەو ڕووت ناوەستێت. هەروەك لەگەڵ موسادا بووم، لەگەڵ تۆش دەبم و فەرامۆشت ناکەم و بەجێت ناهێڵم.

٦«بەهێزبە و ئازابە، چونکە ئەو خاکە بۆ ئەم گەلە دەکەیت بە میرات کە سوێندم بۆ باوباپیرانیان خواردووە کە پێیانی بدەم. ٧تەنها بەهێزبە و زۆر ئازابە، بۆ ئەوەی هۆشیار بیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو فێرکردنەی کە موسای بەندەم فەرمانی پێ کردوویت. نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپ لێی لامەدە، بۆ ئەوەی بۆ هەرکوێیەك بچیت سەرکەوتوو بیت. ٨پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمت جیا نەبێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی وردبەرەوە، بۆ ئەوەی وریابیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانت ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەویت. ٩ئایا من فەرمانم بە تۆ نەکرد؟ جا بەهێزبە و ئازابە، مەتۆقە و ورە بەرمەدە، چونکە یەزدانی پەروەردگارت لەگەڵتە بۆ هەرکوێ بچیت.»

١٠ئیتر یەشوع فەرمانی بە کوێخاکانی گەل کرد و پێی گوتن: ١١«بەناو ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و فەرمان بە گەل بکەن و بڵێن: ”ئازووقە بۆ خۆتان ئامادە

[a] ٤ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری دەریای مەزن.

بکەن، چونکە پاش سێ ڕۆژی دیکە لە ڕووباری
ئوردونەوە دەپەڕنەوە هەتا بچنە ناوەوە و دەست
بەسەر ئەو خاکەدا بگرن کە یەزدانی پەروەردگارتان
دەتانداتێ هەتا ببنە خاوەنی.“»
١٢پاشان یەشوع بە ڕەئوبێنی و گادییەکان و نیوەی
هۆزی مەنەشەی[a] گوت: ١٣«ئەو وشەیەی موسای
بەندەی یەزدان فەرمانی پێ کردن، بەبیری خۆتانی
بهێننەوە، کە پێی ڕاگەیاندن یەزدانی پەروەردگارتان،
ئێوەی حەساندەوە و ئەم خاکەی پێدان. ١٤ژن و
منداڵ و ئاژەڵی ماڵیتان لەم خاکەدا دەمێننەوە کە
موسا پێیدان، لەم بەری ڕووباری ئوردون بەلای
ڕۆژهەڵات، بەڵام هەموو جەنگاوەرە قارەمانەکان
بە چەکەوە لەپێش براکانتانەوە دەپەڕنەوە. یارمەتی
براکانتان دەدەن ١٥هەتا یەزدان وەك ئێوە براکانتان
دەحەسێنێتەوە و ئەوانیش دەست بەسەر ئەو
خاکەدا دەگرن کە یەزدانی پەروەردگارتان دەیانداتێ.
دوای ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ خاکەکەی میراتیتان و
داگیری دەکەن، ئەوەی موسای بەندەی یەزدان
لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بەرەو خۆر
هەڵاتن پێیدان.»
١٦ئەوانیش وەڵامی یەشوعیان دایەوە و
گوتیان: «هەموو ئەو شتانەی فەرمانت پێ کردین
جێبەجێی دەکەین و بۆ هەر شوێنێکمان بنێریت
دەچین، ١٧بەپێی هەموو ئەوەی گوێڕایەڵی موسا
بووین ئاوا گوێڕایەڵی تۆش دەبین. با یەزدانی
پەروەردگارت لەگەڵت بێت وەك چۆن لەگەڵ موسا
بوو. ١٨هەرکەسێك یاخی بێت لە فەرمانەکانت و
گوێڕایەڵی وشەکانت نەبێت لە هەموو ئەوەی
فەرمانی پێ دەکەیت، دەکوژرێت، بەڵام تەنها بەهێز
و ئازابە!»

## ڕاحاب و دوو سیخوڕ

٢ ئینجا یەشوعی کوڕی نون لە شەتیمەوە
دوو سیخوڕی بە نهێنی نارد و گوتی: «بڕۆن
تەماشای خاکەکە بکەن، بە تایبەتی ئەریحا.»
ئەوانیش ڕۆیشتن و چوونە ماڵی ژنێکی لەشفرۆش
کە ناوی ڕاحاب بوو، لەوێ مانەوە.
٢بە پاشای ئەریحا گوترا: «بزانە، ئەمشەو دوو
پیاوی نەوەی ئیسرائیل هاتوونەتە ئێرە هەتا
سیخوڕی دەربارەی خاکەکە بکەن.» ٣لەبەر ئەوە
پاشای ئەریحا بەدوای ڕاحابدا ناردی و پێی گوت:
«ئەو دوو پیاوەی کە هاتن بۆ لات و هاتنە ناو
ماڵەکەت بیانهێنە دەرەوە، چونکە ئەوانە هاتوون بۆ
ئەوەی سیخوڕی لەبارەی هەموو خاکەکەوە بکەن.»
٤بەڵام ڕاحاب دوو پیاوەکەی بردبوو و
شاردبوونییەوە و گوتی: «ڕاستە ئەو دوو پیاوە هاتنە
لای من، بەڵام نەمزانی خەڵکی کوێن. ٥کاتێك تاریکی
داهات، کاتی داخستنی دەروازەی شار، دوو پیاوەکە
ڕۆیشتن. نازانم دوو پیاوەکە بۆ کوێ چوون. بە پەلە
شوێنیان بکەون، بەڵکو پێیان بگەن.» ٦بەڵام ئەو
هەردووکیانی بردبوو بۆ سەربان و لەناو کۆمەڵێك
چیلکە داری کەتاندا شاردبوونییەوە کە لە سەربان
هەڵیچنیبوون. ٧پیاوەکانی پاشاش بەو ڕێگایەی کە
بەرەو تەنکاییەکانی ڕووباری ئوردون دەچوو بەدوای
سیخوڕەکاندا چوون. کە پیاوانی پاشا چوونە دەرەوە،
دەستبەجێ پاسەوانەکان دەروازەکەیان داخست.
٨پێش ئەوەی سیخوڕەکان خەویان لێ بکەوێت،
ڕاحاب بۆ لایان سەرکەوتە سەربان و ٩بە پیاوەکانی
گوت: «زانیومە کە یەزدان ئەم خاکەی بە ئێوە داوە
و ترسی ئێوە باڵی بەسەرماندا کێشاوە و سەرجەم
دانیشتووانی خاکەکەش لەبەر ئێوە ڕەنگیان پەڕیوە،
١٠چونکە بیستمان یەزدان چۆن ئاوی دەریای
سووری[b] لەپێشتان وشك کرد، کاتێك لە میسر هاتنە
دەرەوە، هەروەها لەوبەری ڕووباری ئوردون بەلای
ڕۆژهەڵات چیتان بە هەردوو پاشای ئەمورییەکان
سیحۆن و عۆگ کرد، ئەوانەی کە بە تەواوی قڕتان

[a] ١٢ هۆزی مەنەشە دابەش ببوون بۆ سەر دوو بەش، هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی ڕووباری ئوردون.

[b] ١٠ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٢٩.

کردن[a] . [١١]کاتێك ئەوەمان بیست، دڵمان تۆقی و
بەهۆی ئێوەوە کەس ورەی[b] نەما، چونکە یەزدانی
پەروەردگارتان ئەو خودایە لە ئاسمان لە سەرەوە
و لەسەر زەوی لە خوارەوە. [١٢]ئێستاش بە یەزدان
سوێندم بۆ بخۆن کە چۆن من چاکەم لەگەڵ
ئێوەدا کرد، ئێوەش لەگەڵ ماڵی باوکم چاکە بکەن.
نیشانەیەکی دڵنیابوونم بدەنێ کە [١٣]دایك و باوك
و خوشك و براکانم و هەموو ئەوەی هەیانە بە
زیندوویی بیانهێڵنەوە و فریای گیانمان بکەون لە
مردن.»

[١٤]پیاوەکانیش پێیان گوت: «مەرگمان بە پێش
مەرگتان بکەوێت![c] ئەگەر ئەم کارەمان نەدرکێنن،
هەروەها ئەگەر یەزدان خاکەکەی پێداین، ئەوا چاکە
و دڵسۆزیت لەگەڵدا دەکەین.»

[١٥]ئینجا ڕاحاب هەردووکیانی لە پەنجەرەی
ماڵەکەیەوە بە گوریس شۆڕکردەوە، چونکە ماڵەکەی
کە تێیدا دەژیا لە شوورای شارەکە بوو. [١٦]هەروەها
پێی گوتن: «بڕۆن بۆ چیا نەوەك ئەوانەی بە
شوێنتاندا دەگەڕێن تووشتان بن، لەوێ بۆ ماوەی
سێ ڕۆژ خۆتان بشارنەوە، هەتا ئەوان دەگەڕێنەوە،
ئینجا بە ڕێگای خۆتاندا بڕۆن.»

[١٧]پیاوەکانیش پێیان گوت: «ئێمە بێتاوان دەبین
لەو سوێندەی کە بۆ تۆمان خوارد [١٨]ئەگەر هاتوو
لە کاتی هاتنمان بۆ ناو خاکەکە، ئەم گوریسە
سوورە بەو پەنجەرەیەوە گرێ نەدەیت کە ئێمەت
لێوەی شۆڕکردەوە و ئەگەر دایك و باوك و خوشك
و براکانت و سەرجەم ئەندامانی ماڵی باوکت لە
ماڵەکەی خۆتدا کۆنەکەیتەوە. [١٩]ئەگەر هەرکەسێك
لە دەرگاکانی ماڵەکەی تۆوە بچێتە دەرەوە خوێنی
خۆی لەسەر خۆی دەبێت و ئێمە بێتاوان دەبین،
بەڵام هەر یەکێك لەگەڵ تۆ لە ماڵەکەتدا بێت،
ئەگەر دەستدرێژییەکی کرایە سەر ئەوا خوێنی
لەسەر ئێمە دەبێت. [٢٠]هەروەها ئەگەر ئەم کارەی
ئێمە بدرکێنیت، ئێمە بێتاوان دەبین لەو سوێندەی
کە بۆ تۆمان خوارد.»

[٢١]ڕاحابیش گوتی: «چۆنتان گوت، ئاوا دەبێت.»
ئیتر بەڕێی کردن و ڕۆیشتن، ئەویش گوریسە
سوورەکەی بە پەنجەرەکەوە گرێ دا.

[٢٢]پیاوەکان ڕۆیشتن و چوونە چیا و ماوەی سێ
ڕۆژ لەوێ مانەوە، هەتا پیاوانی پاشا گەڕانەوە،
پیاوانی پاشاش لە هەموو ڕێگاکان بەدوایاندا
گەڕان، بەڵام نەیاندۆزینەوە. [٢٣]ئینجا دوو پیاوەکە
گەڕانەوە، لە چیاکە هاتنە خوارەوە و لە ڕووبارەکە
پەڕینەوە، هاتنە لای یەشوعی کوڕی نون و هەموو
بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، [٢٤]بە یەشوعیان
گوت: «بەڕاستی یەزدان هەموو خاکەکەی داوەتە
دەستمانەوە و سەرجەم دانیشتووانی خاکەکەش
بەهۆی ئێمەوە ڕەنگیان سپی بووە.»

## پەڕینەوە لە ڕووباری ئوردون

٣ بەیانی زوو یەشوع لەگەڵ هەموو نەوەی
ئیسرائیل لە شەتیمەوە کۆچیان کرد و هاتنە
لای ڕووباری ئوردون، بەر لەوەی بپەڕنەوە لەوێ
مانەوە. [٢]پاش سێ ڕۆژ کوێخاکان بەناو ئۆردوگاکەدا
گەڕان و [٣]فەرمانیان بە گەل کرد و گوتیان: «کاتێك
کە سندوقی پەیمانی یەزدانی پەروەردگارتان دەبینن،
کاهینە لێڤییەکان هەڵیانگرتووە، لە شوێنەکانی
خۆتان کۆچ بکەن و لەدوایەوە بڕۆن. [٤]بەڵام با ماوەی
نێوان ئێوە و سندوقەکە بە پێوانە دوو هەزار باڵ[d]
بێت و لێی نزیك مەبنەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە
بزانن کە پێیدا دەڕۆن، چونکە ئێوە پێشتر بەم
ڕێگایەدا نەڕۆیشتوون.»

[٥]یەشوع بە گەلی گوت: «خۆتان تەرخان بکەن،

[a] ١٠ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[b] ١١ ورە: عیبری نەفەش واتە ڕۆح.

[c] ١٤ سیخوڕەکان بەڵێنیان بە ڕاحاب دا ژیانی خۆی و خێزانەکەی بپارێزن. دەربڕینەکەیان بەم شێوەیە بوو: (با خودا ژیانمان لێ وەربگرێتەوە، ئەگەر ئەوەی دەیڵێین بە ئەنجامی نەگەیەنین.)

[d] ٤ دوو هەزار باڵ: نزیکەی ٩٠٠ مەتر.

چونکە یەزدان بەیانی لەنێوتاندا کاری سەرسوڕهێنەر دەکات.»

[6]هەروەها یەشوع بە کاهینەکانی گوت: «سندوقی پەیمان هەڵبگرن و بە بەردەم گەلدا تێپەڕ بن.» ئەوانیش سندوقی پەیمانیان هەڵگرت و لەپێش گەل ڕۆیشتن.

[7]ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «لەم ڕۆژەوە لەبەرچاوی هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستپێدەکەم پایەبەرزت بکەم، بۆ ئەوەی بزانن چۆن لەگەڵ موسادا بووم ئاواش لەگەڵ تۆدا دەبم. [8]بەڵام تۆ فەرمان بە کاهینەکانی هەڵگری سندوقی پەیمان بکە و پێیان بڵێ: "کاتێک دەگەنە کەنار ئاوی ڕووباری ئوردون، لەناو ڕووباری ئوردوندا بوەستن."»

[9]هەروەها یەشوع بە نەوەی ئیسرائیلی گوت: «وەرنە پێشەوە بۆ ئێرە و گوێ لە فەرمایشتی یەزدانی پەروەردگارتان بگرن.» [10]ئینجا یەشوع گوتی: «بەمە دەزانن کە خودای زیندوو لەنێوتاندایە و کەنعانییەکان و حیتییەکان و حیڤییەکان و پریزییەکان و گرگاشییەکان و ئەمورییەکان و یەبوسییەکان لەبەردەمتاندا بە دەرکردن دەردەکات. [11]ئەوەتا سندوقی پەیمانی یەزدانی هەموو زەوی لەپێشتانەوە بۆ ناو ڕووباری ئوردون دەپەڕێتەوە. [12]ئێستاش دوازدە پیاو لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل بۆ خۆتان هەڵبژێرن، لە هەر هۆزە و پیاوێک. [13]ئینجا کاتێک پێی کاهینەکانی هەڵگری سندوقی یەزدان، یەزدانی هەموو زەوی، لەناو ئاوی ڕووباری ئوردون جێگیر دەبێت، ئاوی ڕووباری ئوردون، ئەو ئاوەی کە لە سەرەوە دێت شەق دەبێت و لە یەک بەربەستدا پەنگدەخواتەوە.»[a]

[14]جا کاتێک گەل لە چادرەکانیانەوە کۆچیان کرد، تاکو لە ڕووباری ئوردون بپەڕنەوە، کاهینەکانی هەڵگری سندوقی پەیمانیش لەپێشیانەوە بوون. [15]بە درێژایی ڕۆژانی دروێنە ڕووباری ئوردونیش دەبووە لافاو، بەڵام لە کاتی هاتنی هەڵگرانی سندوقەکە بۆ ناو ڕووباری ئوردون و نوقومبوونی پێی کاهینەکانی هەڵگری سندوقەکە لەناو ئاوی کەنارەکە، [16]ئەو ئاوەی لە سەرەوە دەهاتە خوارەوە لە ڕۆیشتن وەستا. لە دوورییەکی زۆرەوە لە شارۆچکەی ئادام لە بەربەستێک پەنگی خواردەوە، ئەو شارۆچکەیەی کە لەتەنیشت چەرەتانە، هەروەها ئەو ئاوەی کە دەڕژایە ناو دەریای عەراڤا واتە دەریای مردوو[b] بە تەواوی بڕا و گەل بەرەو ئەریحا پەڕینەوە. [17]کاهینەکانی هەڵگرانی سندوقی پەیمانی یەزدان لەسەر وشکانی لەناوەڕاستی ڕووباری ئوردون بە جێگیری وەستان و هەموو ئیسرائیلیش بەسەر وشکانیدا پەڕینەوە، هەتا هەموو نەتەوەکە لە ڕووباری ئوردون تەواو پەڕینەوە.

## ٤

کاتێک هەموو نەتەوەکە لە ڕووباری ئوردون تەواو پەڕینەوە، یەزدان بە یەشوعی فەرموو: [2]«دوازدە پیاو لە گەل بۆ خۆتان هەڵبژێرن، لە هەر هۆزە و پیاوێک، [3]فەرمانیان پێ بکەن و پێیان بڵێن: "لێرە لەناوەڕاستی ڕووباری ئوردونەوە، لە شوێن پێی کاهینەکان کە تێیدا جێگیر بوون، دوازدە بەرد هەڵبگرن و لەگەڵ خۆتان بیانپەڕێننەوە و لەو شوێنەدا دایانبنێن کە ئەمشەو تێیدا دەمێننەوە."»

[4]ئینجا یەشوع ئەو دوازدە پیاوەی بانگکرد کە لە نەوەی ئیسرائیل هەڵیبژاردبوون، لە هەر هۆزە و پیاوێک، [5]یەشوع پێی گوتن: «لەبەردەم سندوقی یەزدانی پەروەردگارتانەوە تێپەڕ بن بۆ ناوەڕاستی ڕووباری ئوردون و بەگوێرەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل هەریەک لە ئێوە بەردێک بەرز بکاتەوە بۆ سەر شانی، [6]بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە نیشانەیەک لەنێوتان. ئەگەر سبەینێ منداڵەکانتان لێتان بپرسن: "ئەم بەردانە چ واتایەکی هەیە؟" [7]ئێوەش پێیان دەڵێن: "ئاوی ڕووباری ئوردون لەبەردەم سندوقی پەیمانی یەزدان وەستا. کاتێک لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە، ئاوی ئوردون ڕاوەستا، جا ئەم بەردانە دەبنە یادگاری بۆ نەوەی ئیسرائیل بۆ هەتاهەتایە."»

[8]نەوەی ئیسرائیلیش ئاوایان کرد، هەروەک یەشوع

[a] ١٣ ڕادەوەستێت: بڕوانە دەرچوون ١٥:٨.

[b] ١٦ دەریای مردوو: عیبری: دەریای خوێ.

فەرمانی پێ کردن، دوازدە بەردیان لەناوەڕاستی
ڕووباری ئوردونەوە هەڵگرت، هەروەك یەزدان بە
یەشوعی فەرموو، بەپێی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی
ئیسرائیل و لەگەڵ خۆیاندا پەڕاندیانەوە بۆ ئەو
شوێنەی چادریان تێیدا هەڵدا و لەوێ دایاننان.
[9]یەشوعیش دوازدە بەردەکەی ناو ڕووباری ئوردون کە
لە شوێن پێی کاهینەکانی هەڵگری سندوقی پەیمان
بوون ڕاگیری کرد و هەتا ئەمڕۆش لەو شوێنەدان.
[10]کاهینەکانی هەڵگرانی سندوقەکە لەناوەڕاستی
ڕووباری ئوردوندا وەستان هەتا هەموو ئەو شتانەی
یەزدان فەرمانی بە یەشوع کردبوو بە گەلی بڵێت
بەگوێرەی هەموو ئەوەی موسا فەرمانی بە یەشوع
کردبوو تەواو بوو. گەل پەلەیان کرد و پەڕینەوە.
[11]کاتێك هەموو گەل تەواو پەڕینەوە، سندوقی
یەزدان و کاهینەکانیش بە بەردەم گەلدا پەڕینەوە.
[12]نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی
مەنەشەش بە چەکەوە لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل
پەڕینەوە، هەروەك موسا پێی گوتبوون[a]. [13]نزیکەی
چل هەزار چەکدار بۆ شەڕکردن لەبەردەم یەزدان
پەڕینەوە بۆ جەنگ بەرەو دەشتەکانی ئەریحا.
[14]لەو ڕۆژە یەزدان لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل
یەشوعی بەرز ڕاگرت، ئەوانیش بە درێژایی ژیانی
یەشوع ڕێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو، هەروەك چۆن
ڕێزیان لە موسا گرتبوو.
[15]هەروەها یەزدان بە یەشوعی فەرموو:
[16]«فەرمان بە کاهینەکانی هەڵگرانی سندوقی
پەیمانی بکە با لە ڕووباری ئوردونەوە سەربکەون.»
[17]یەشوعیش فەرمانی بە کاهینەکان کرد و گوتی:
«لە ڕووباری ئوردونەوە سەربکەون.»
[18]ئەوە بوو لەگەڵ سەرکەوتنی کاهینەکانی
هەڵگری سندوقی پەیمانی یەزدان لەناوەڕاستی
ڕووباری ئوردونەوە، بن پێی کاهینەکان کەوتە سەر
وشکانی، ئاوی ڕووباری ئوردون گەڕایەوە شوێنی
خۆی و وەك پێشتر بووەوە بە لافاو.

[a] ١٢ هەروەك موسا پێی گوتبوون: بڕوانە ١٢:١-١٥ و دواوتار ١٨:٣-٢٠.

[19]گەلیش لە دەیەم ڕۆژی مانگی یەکدا لە
ڕووباری ئوردونەوە سەرکەوتن و لە گلگال لە
سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەریحا چادریان هەڵدا.
[20]ئەو دوازدە بەردەش کە لە ڕووباری ئوردونەوە
هێنابوویان، یەشوع لە گلگال کەڵەکەی کردن و [21]بە
نەوەی ئیسرائیلی گوت: «ئەگەر سبەینێ نەوەکانتان
لە باوباپیرانی خۆیانیان پرسی: ”ئەم بەردانە
چین؟“ [22]پێیان بناسێنن و پێیان بڵێن: ”نەوەی
ئیسرائیل بەسەر وشکانی لەم ڕووباری ئوردونە
پەڕینەوە.“ [23]چونکە یەزدانی پەروەردگارتان ئاوی
ڕووباری ئوردونی لەبەردەمیاندا وشك کرد هەتا
پەڕینەوە، هەروەك ئەوەی بە دەریای سووری کرد
کە لەبەردەمماندا وشکی کرد هەتا ئێمە پەڕینەوە.
[24]ئەمەی کرد هەتا هەموو گەلانی خاکەکە بزانن
کە دەستی یەزدان بەهێزە، تاوەکو هەتاهەتایە لە
یەزدانی پەروەردگارتان بترسن.»

## خەتەنەکردن لە گلگال

٥ کاتێك هەموو پاشاکانی ئەمورییەکان ئەوانەی
لەبەری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردون بوون و
هەموو پاشاکانی کەنعانییەکان ئەوانەی لەسەر
کەناری دەریا بوون بیستیان کە یەزدان ئاوی
ڕووباری ئوردونی لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل وشك
کردووە هەتا دوای پەڕینەوەیان، ئیتر دڵیان تۆقی
و وەرەیان تێدا نەما بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەوەی
ئیسرائیل.
[2]لەو کاتەدا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «چەند
چەقۆیەك لە بەردەئەستێ بۆ خۆت دروستبکە و
جارێکی دیکە نەوەی ئیسرائیل خەتەنە[b] بکەرەوە.»
[3]جا یەشوع چەند چەقۆیەکی لە بەردەئەستێ
دروستکرد و نەوەی ئیسرائیلی لە گردی هاعەرالۆت[c]
خەتەنە کرد.
[4]ئەمەش هۆی خەتەنەکردنەکەیان بوو لەلایەن

[b] ٢ خەتەنەکردن: بڕوانە پەیدابوون ١٧:٩-١٤

[c] ٣ هاعرالۆت: واتە پێستی سەری کێر، کە لە کاتی خەتەنەکردندا دەبڕدرێت.

یەشوعەوە، هەموو ئەو گەلەی کە لە میسر
هاتبوونە دەرەوە، ئەو نێرینانەی کە پیاوی جەنگ
بوون، ماوەیەك لەدوای ڕۆیشتنیان لە میسر لە
ڕێگا لە چۆڵەوانی مردن. ٥هەموو ئەو گەلەی کە لە
میسرەوە کۆچیان کرد خەتەنە کرابوون، بەڵام هەموو
ئەو گەلەی لە کاتی کۆچیان لە میسرەوە لە ڕێگا لە
چۆڵەوانیدا لەدایك بوون خەتەنە نەکرابوون. ٦نەوەی
ئیسرائیل چل ساڵ بە چۆڵەوانیدا ڕۆیشتن، هەتا
هەموو ئەو گەلە، هەموو پیاوانی جەنگ، ئەوانەی
لە میسر هاتبوونە دەرەوە کۆتاییان پێهات، چونکە
گوێڕایەڵی یەزدان نەبوون. یەزدان سوێندی بۆ
خواردن کە ئەو خاکەیان پیشان نەدات کە سوێندی بۆ
باوباپیرانیان خوارد کە دەیداتە ئێمە، ئەو خاکەی شیر
و هەنگوینی لێ دەڕژێت. ٧بۆیە کوڕەکانیانی لە جێی
ئەوان پێگەیاند، هەروەها یەشوع ئەوانی خەتەنە کرد،
چونکە خەتەنە نەکرابوون، لەبەر ئەوەی لە ڕێگادا
خەتەنەیان نەکردبوون. ٨پاش ئەوەی هەموو گەل لە
خەتەنەکردن بوونەوە، لە جێی خۆیان لە ئۆردوگاکە
مانەوە هەتا برینەکەیان ساڕێژ بوو.

٩ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «ئەمڕۆ
ڕیسوایی میسرم لێتان گلۆرکردەوە.» بۆیە ئەو شوێنە
هەتا ئەمڕۆش بە گلگال[a] ناودەبردرێت. ١٠نەوەی
ئیسرائیل لە گلگال چادریان هەڵدا و لە ئێوارەی
ڕۆژی چواردەی مانگ لە دەشتی ئەریحا جەژنی
پەسخەیان گێڕا. ١١بۆ ڕۆژی پاش جەژنی پەسخە،
لە هەمان ڕۆژ، لە بەروبوومی خاك نانی فەتیرە و
دانەوێڵەی برژاویان خوارد. ١٢هەروەها لەو ڕۆژەدا
مەن بڕایەوە کاتێك لە بەری خاکەکەیان خوارد، ئیتر
لەدوای ئەوە مەن بۆ نەوەی ئیسرائیل نەبوو، بەڵام
ئەو ساڵە لە بەری زەوی کەنعانیان خوارد.

## کەوتنی شاری ئەریحا

١٣ئەوە بوو کاتێك یەشوع لە نزیك ئەریحا
بوو، سەری هەڵبڕی و بینی وا پیاوێك بەرامبەری
ڕاوەستاوە و شمشێرەکەشی هەڵکێشاوە. یەشوعیش
چووە لای و پێی گوت: «ئایا تۆ لەگەڵ ئێمە دایت
یان لەگەڵ دوژمنەکانمان؟»

١٤ئەویش گوتی: «هیچیان، چونکە ئێستا من
وەك فەرماندەی گشتی سوپای یەزدان هاتووم.» جا
یەشوع بە ڕوودا بەسەر زەوی کەوت و کڕنۆشی برد
و گوتی: «پەیامی گەورەکەم چییە بۆ خزمەتکاری
خۆی؟»

١٥فەرماندەی گشتی سوپای یەزدانیش بە یەشوعی
فەرموو: «پێڵاوەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو
شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت پیرۆزە.» یەشوعیش
بەم جۆرەی کرد.

٦ ئەریحاش بەهۆی نەوەی ئیسرائیلەوە بە
تەواوی داخرابوو، نە کەس دەچووە دەرەوە و
نە کەسیش دەهاتە ژوورەوە.

٢جا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «بڕوانە من ئەریحا
و پاشاکەی و پاڵەوانە شەڕکەرەکانی ئەوم داوەتە
دەست تۆ. ٣ئێوەش هەموو جەنگاوەرەکان بۆ ماوەی
شەش ڕۆژ، ڕۆژی جارێك بە چواردەوری شارەکەدا
دەسووڕێنەوە. ٤حەوت کاهین حەوت کەڕەنای
قۆچە بەران لەبەردەم سندوقەکەدا هەڵدەگرن و لە
ڕۆژی حەوتەم حەوت جار بە چواردەوری شارەکەدا
دەسووڕێنەوە و کاهینەکان کەڕەناکان لێدەدەن.
٥کاتێك گوێتان لە دەنگی کەڕەناکان دەبێت، لەگەڵ
درێژبوونەوەی فووکردن بە قۆچە بەرانەکاندا، هەموو
گەل بە یەك دەنگ هاوارێکی بەرز دەکەن؛ ئیتر
شوورای شارەکە دەڕمێت و هەموو گەل هەریەکە و
لەلای خۆیەوە بەسەریدا دەدەن.»

٦جا یەشوعی کوڕی نون کاهینەکانی بانگکرد
و پێی گوتن: «سندوقی پەیمان هەڵبگرن و با
حەوت کاهینیش حەوت کەڕەنای قۆچە بەران
لەپێش سندوقی یەزدان هەڵبگرن.» ٧ئینجا بە گەلی
گوت: «پێش بکەون و بە چواردەوری شارەکەدا
بسووڕێنەوە، با ئەوەی چەك بە دەستە لەپێش
سندوقی یەزدانەوە بڕوات.»

٨هەروەك چۆن یەشوع فەرمانی بە گەل کرد، حەوت

[a] ٩ لە زمانی عیبری گلگال لە چاووگی (گلۆرکردنەوە) وەرگێراوە.

کاهینەکەی هەڵگرانی حەوت کەڕەنا قۆچە بەرانەکان،
لەبەردەم یەزدانەوە بە کەڕەنا لێدانەوە بەرەو پێش
چوون و سندوقی پەیمانیش لە دوایانەوە دەڕۆیشت.
٩هەموو چەك بەدەستەکانیش لەپێش کاهینە کەڕەنا
لێدەرەکان دەڕۆیشتن، لەپاشەوە پاسەوانەکانیش
لەدوای سندوقەکەوە دەڕۆیشتن. بەردەوام کەڕەنا
دەنگی دەهات. ١٠بەڵام یەشوع فەرمانی بە گەل
کردبوو و پێی گوتبوون: «هاوار مەکەن و دەنگتان
نەبیسترێت و یەك وشە لە دەمتان نەیەتە دەرەوە،
هەتا ئەو ڕۆژەی پێتان دەڵێم هاوار بکەن، جا هاوار
دەکەن!» ١١لەبەر ئەمە سندوقی یەزدان یەك جار بە
چواردەوری شارەکەدا سووڕایەوە و پاشان هاتنەوە بۆ
ناو ئۆردوگاکە و لە ئۆردوگاکە مانەوە.

١٢بەیانی زوو یەشوع لە خەو هەستا و
کاهینەکانیش سندوقی یەزدانیان هەڵگرت و
١٣حەوت کاهینەکەی هەڵگرانی حەوت کەڕەناکەش
لەپێش سندوقی یەزدانەوە دەڕۆیشتن و کەڕەنایان
لێدەدا و چەك بەدەستەکانیش لەپێشیانەوە
دەڕۆیشتن و لەپاشەوە پاسەوانەکانیش لەدوای
سندوقی یەزدانەوە دەڕۆیشتن، کاتێك کەڕەنا
دەنگی دەهات. ١٤ئینجا لە ڕۆژی دووەم یەك جار
بەدەوری شارەکەدا سوڕانەوە و پاشان هاتنەوە بۆ
ناو ئۆردوگاکە. شەش ڕۆژ ئاوایان کرد.

١٥ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەم بەرەبەیان زوو
لە خەو هەستان و حەوت جار بەو شێوەیە بە
چواردەوری شارەکەدا سووڕانەوە. تەنها لەو ڕۆژەدا
حەوت جار بە چواردەوری شارەکەدا سووڕانەوە،
١٦ئەوە بوو لە جاری حەوتەم کاتێك کاهینەکان
کەڕەناکانیان لێدا، یەشوع بە گەلی گوت: «هاوار
بکەن! چونکە یەزدان شارەکەی داوەتە دەست
ئێوە! ١٧دەبێت شارەکە و هەرچی تێیدایە بۆ یەزدان
تەرخان بکرێت تاکو قڕ بکرێت[a]، تەنها ڕاحابی
لەشفرۆش و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکە لەگەڵین
دەیانهێڵنەوە، چونکە ئەو دوو نێردراوەی شاردەوە،
کە ناردمانن. ١٨بەڵام ئێوە خۆتان بە دوور بگرن لە
شتە تەرخانکراوەکان نەوەك قڕ بکرێن و ئۆردوگای
ئیسرائیل تووشی قڕبوون و تێکدان بکەن. ١٩هەموو
ئەو زێڕ و زیو و قاپە بڕۆنز و ئاسنانە بۆ یەزدان
تەرخانکراون و دەچنە ناو گەنجینەی یەزدانەوە.»

٢٠کاتێك گەل هاواری کرد و کەڕەنایان لێدا، گەل
گوێیان لە دەنگی کەڕەنا بوو، هاوارێکی بەرزیان کرد و
شووراکە داڕما و گەل چوونە ناو شارەکەوە، هەریەکە
و لەلای خۆیەوە و بەسەریاندا دا و شارەکەیان
گرت. ٢١شارەکەیان بۆ یەزدان تەرخان کرد و هەرچی
تێیدابوو لە پیاو و ژن و منداڵ و پیر، هەتا گا و مەڕ و
گوێدرێژەکانیشیان بە زەبری شمشێر قڕ کرد.

٢٢یەشوعیش بەو دوو پیاوەی گوت کە
سیخوڕی خاکەکەیان کردبوو: «بچنە ناو ماڵی ژنە
لەشفرۆشەکەوە، هەروەك سوێندتان بۆی خوارد،
خۆی و هەموو ئەوەی هی ئەوە بیانهێننە دەرەوە.»
٢٣جا دوو گەنجە سیخوڕەکە چوونە ژوورەوە و
ڕاحاب و دایك و باوك و براکانی و هەرچی هەیبوو
و هەموو کەسوکارەکەیان هێنایە دەرەوە و لە
دەرەوەی ئۆردوگای ئیسرائیل دایاننان.

٢٤شارەکەشیان سووتاند و لەگەڵ هەموو ئەو
شتانەی تێیدا بوو، بەڵام زێڕ و زیو و قاپە بڕۆنز و
ئاسنەکانیان خستە ناو گەنجینەی ماڵی یەزدانەوە.
٢٥بەڵام یەشوع ڕاحابی لەشفرۆش و ماڵی باوکی و
هەرچی هەیبوو بە زیندوویێتی هێشتنییەوە، ئەویش
هەتا ئەمڕۆش لەنێو ئیسرائیلدا نیشتەجێیە، چونکە
ئەو دوو نێردراوەی شاردەوە کە یەشوع بۆ سیخوڕی
ئەریحا ناردبوونی.

٢٦لەو کاتەدا یەشوع سوێندی خوارد و گوتی:
«لەبەردەم یەزدان نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی
هەڵدەستێت و ئەم شاری ئەریحایە بنیاد دەنێتەوە:

«بە مەرگی کوڕە نۆبەرەکەی
بناغەکانی دادەنێت و
بە مەرگی بچووکەکەی

---

[a] ١٧ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان. لە کاتی شەڕدا دەستکەوتەکە دابەش ناکرێت و بەخشینەکە دەرئەنجامەکەی لەناوبردنی تەواوە.

دەرگاکانی دادەمەزرێنێت.»

٢٧یەزدانیش لەگەڵ یەشوع بوو و ناوبانگی بە هەموو خاکەکەدا بڵاو بووەوە.

## گوناهی عاخان

٧ بەڵام نەوەی ئیسرائیل سەبارەت بە شتە تەرخانکراوەکان بۆ یەزدان[a] ناپاکییان کرد، عاخانی کوڕی کەرمی کوڕی زیمری کوڕی زەرەح لە هۆزی یەهودا لە شتە تەرخانکراوەکانی برد، ئیتر تووڕەیی یەزدان بەسەر نەوەی ئیسرائیلدا جۆشا.

٢یەشوعیش چەند پیاوێکی لە ئەریحاوە بۆ عای نارد کە لەلای بێت‌ئاڤنە لە ڕۆژهەڵاتی بێت‌ئێل و پێی گوتن: «سەربکەون و سیخوڕی لەبارەی خاکەکەوە بکەن.» پیاوەکانیش سەرکەوتن و سیخوڕی عاییان کرد.

٣کاتێک گەڕانەوە لای یەشوع و پێیان گوت: «با هەموو گەل سەرنەکەون، بەڵکو تەنها نزیکەی دوو هەزار یان سێ هەزار پیاو بەسەر عایدا بدەن، هەموو گەل شەکەت مەکە، چونکە ئەوان کەمن.» ٤جا نزیکەی سێ هەزار کەس لە گەل بۆ ئەوێ سەرکەوتن، بەڵام لەبەردەم پیاوەکانی عای هەڵاتن، ٥خەڵکی عای لێیاندان و نزیکەی سی و شەش پیاویان کوشتن و دوایان کەوتن. لەبەردەم دەروازەکەوە هەتا کانە بەردەکان، لە لێژاییەکە لێیان دان، گەل ڕەنگیان پەڕی.

٦یەشوعیش جلەکانی دادڕی و لەبەردەم سندوقی یەزدان بە ڕوودا کەوتە سەر زەوی و هەتا ئێوارە لەوێ مایەوە. هەروەها پیرانی نەوەی ئیسرائیل هەمان شتیان کرد و خۆڵیان بەسەر سەری خۆیاندا کرد. ٧هەروەها یەشوع گوتی: «ئای یەزدانی باڵادەست، بۆچی ئەم گەلەت بە تەواوی لە ڕووباری ئوردون پەڕاندەوە، بۆ ئەوەی بماندەیتە دەست ئەمورییەکان و لەناومان ببەن؟ خۆزگە بەوەندە ڕازی دەبووین و لەوبەری ڕووباری ئوردون دەماینەوە. ٨ئەی پەروەردگار، من چی بڵێم پاش ئەوەی نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم دوژمنەکانیاندا بەزین؟ ٩جا کەنعانییەکان و سەرجەم دانیشتووانی خاکەکە ئەمە دەبیستن و گەمارۆمان دەدەن و ناومان لەسەر ڕووی زەوی دەسڕنەوە، ئەی چی بۆ ناوی گەورەی خۆت دەکەیت؟»

١٠یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «هەستە، بۆچی ئاوا بەسەر ڕووتدا کەوتوویت؟ ١١نەوەی ئیسرائیل گوناهیان کرد و هەروەها پەیمانەکەی منیان شکاند کە فەرمانم پێکردبوون، هەندێک لە شتە تەرخانکراوەکانیان برد، دزییان کرد و درۆیان کرد و لەناو کەلوپەلەکانی خۆیاندا دایاننا. ١٢بۆیە نەوەی ئیسرائیل ناتوانن بەرامبەر بە دوژمنەکانیان ڕابوەستن، پشتیان تێ دەکەن و هەڵدێن، چونکە بەرپرسیار بوون لە قڕبوونی خۆیان. ئەگەر بێتو ئەو تەرخانکراوە لەنێو خۆتاندا بنبڕ نەکەن، ئەوا لەمەودوا لەگەڵتاندا نابم.

١٣«هەستە، گەل تەرخان بکە و پێیان بڵێ: ”خۆتان بۆ بەیانی تەرخان بکەن، چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ئەی ئیسرائیل لەنێوتان تەرخانکراو هەیە، ناتوانن بەرامبەر بە دوژمنەکانتان ڕابوەستن، هەتا ئەو تەرخانکراوە لەنێو خۆتاندا دانەماڵن.

١٤«”بەیانی بە هۆزەکانتانەوە وەرنە پێش و ئەو هۆزەی یەزدان نیشانی دەکات با بە خێڵەکانییەوە بێتە پێش و ئەو خێڵەی یەزدان نیشانی دەکات با بە بنەماڵەکانییەوە بێتە پێش و ئەو بنەماڵەیەی یەزدان نیشانی دەکات با بە پیاوەکانییەوە یەک لەدوای یەک بێنە پێشەوە. ١٥ئەوەی بە شتە تەرخانکراوەکانەوە بگیردرێت، خۆی و هەرچی هەیەتی بە ئاگر دەسووتێنرێ، چونکە ئەو پەیمانی یەزدانی شکاندووە و کارێکی دزێوی لەناو ئیسرائیلدا ئەنجام داوە.“»

١٦بۆ بەیانی یەشوع زوو لە خەو هەستا و هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیلی یەک یەک هێنایە

[a] ١ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێک یان کەسێک کە دەبەخشرێت بە یەزدان. لە کاتی شەڕدا دەستکەوتەکە دابەش ناکرێت و بەخشینەکە دەرئەنجامەکەی لەناوبردنی تەواوە.

پێش و هۆزی یەهودا نیشان کرابوو[a]. [17]خێڵەکانی یەهودای هێنایە پێش و خێڵی زەرەحییەکان نیشان کرابوو. ئینجا خێڵی زەرەحییەکانی هێنایە پێش بە خێزانەکانیانەوە و زیمری نیشان کرابوو. [18]بەرەبابەکەی ئەویشی بە پیاوەکانییەوە هێنایە پێش و عاخانی کوڕی کەرمی کوڕی زیمری کوڕی زەرەح نیشان کرابوو کە سەر بە هۆزی یەهودایە.

[19]ئینجا یەشوع بە عاخانی گوت: «تکایە کوڕی خۆم، یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل شکۆدار بکە و دانی پێدا بنێ و پێم بڵێ چیت کردووە؟ لێمی مەشارەوە.»

[20]عاخانیش وەڵامی یەشوعی دایەوە و گوتی: «بەڕاستی من بەرامبەر بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل گوناهم کردووە و ئاوام کردووە، [21]لەنێو تاڵانکردنەکەدا کەوایەکی بابلی گرانبەها و دوو سەد شاقل زیو[b] و قاڵبە زێڕێکم بینی کە کێشەکەی پەنجا شاقل دەبوو، ئارەزووم کرد و بردم. ئەوەتا لەژێر زەوی لەناوەڕاستی چادرەکەمدا شاردومەتەوە و زیوەکەش لە ژێرەوەیە.»

[22]جا یەشوع چەند کەسێکی نارد و ڕایانکرد بۆ چادرەکە و بینییان ئەوەتا لەناو چادرەکەدا شاردراونەتەوە و زیوەکەش لە ژێریانەوەیە. [23]ئەوانیش شتەکانیان لە ناوەڕاست چادرەکە هەڵگرت و بۆ یەشوع و هەموو نەوەی ئیسرائیلیان هێنا و لەبەردەم یەزدان دایاننا.

[24]ئینجا یەشوع عاخانی کوڕی زەرەحی لەگەڵ زیوەکە و کەواکە و قاڵبە زێڕەکە و کوڕەکانی و کچەکانی و گا و گوێدرێژ و مەڕەکانی و چادرەکەی و هەموو ئەو شتانەی هی ئەو بوون، هەموو نەوەی ئیسرائیلیشی لەگەڵ بوو، بردیانن و سەریان خستن بۆ دۆڵی عاخۆر. [25]ئینجا یەشوع گوتی: «چۆن لێت تێکداین، یەزدانیش ئەمڕۆ ئاوا لێت تێکبدات.»

ئینجا هەموو نەوەی ئیسرائیل ئەویان بەردباران کرد و ئەوانەی دیکەیان بەردباران کرد و سووتاندیانن، [26]کۆمەڵە بەردێکی گەورەیان لەسەر عاخان کەڵەکە کرد کە هەتا ئەمڕۆش لەوێیە. ئینجا جۆشی تووڕەییەکەی یەزدان دامرکایەوە، بۆیە ئەو شوێنەش هەتا ئەمڕۆ بە دۆڵی عاخۆر[c] ناودەبردرێت.

## وێرانکردنی شاری عای

٨ ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «مەترسە و ورە بەرمەدە. هەموو جەنگاوەرەکان لەگەڵ خۆت ببە و هەستە سەربکەوە بۆ عای، ببینە من پاشاکەی و گەلەکەی و شارەکەی و خاکەکەیم داوەتە دەست تۆ. [2]ئەوەی بە ئەریحا و پاشاکەیت کرد، بە عای و پاشاکەی بکە، بەڵام دەستکەوتەکان و ئاژەڵە ماڵییەکانی بۆ خۆتان تاڵان بکەن. لە پشتییەوە بۆسەیەك بۆ شارەکە بنێوە.»

[3]جا یەشوع و هەموو جەنگاوەرەکانی سوپا هەستان بۆ ئەوەی بەسەر عایدا بدەن، یەشوع سی هەزار جەنگاوەری قارەمانی هەڵبژارد و بە شەو ناردنی، [4]فەرمانی پێ کردن و گوتی: «وریابن، ئێوە لە پشتەوە بۆسە بۆ شارەکە دەنێنەوە و زۆر لە شارەکە دوور مەکەونەوە و هەمووتان لە ئامادەباشیدا بن. [5]منیش لەگەڵ هەموو ئەم گەلە لە شارەکە نزیك دەبینەوە و ئیتر کە ئەوان دێنە دەرەوە بۆمان، ئێمە وەك یەکەم جار لەبەردەمیاندا هەڵدێین و [6]ئەوان بەدوامان دەکەون هەتا لە شارەکە دووریان دەخەینەوە، چونکە دەڵێن: ”ئەوەتا وەك یەکەم جار لەبەردەممان هەڵدێن،“ جا لەبەردەمیان هەڵدێین. [7]ئێوەش لە بۆسەکەوە دێنە دەرەوە و دەست بەسەر شارەکەدا دەگرن و یەزدانی پەروەردگارتان دەیدات بە دەستتانەوە. [8]کاتێك شارەکە دەگرن، ئاگری تێبەر دەدەن، ئەوە بکەن وەك یەزدان فەرمانی پێ کردوون، سەیر بکەن ئەوە فەرمانی منە بۆ ئێوە.»

[9]ئینجا یەشوع ناردنی و ئەوانیش بۆ شوێنی بۆسەکە ڕۆیشتن و لەنێوان بێتئێل و عای، لە ڕۆژئاوای عای مانەوە. ئەو شەوە یەشوع لەناوەڕاستی گەل مایەوە.

---

[a] ١٦ نیشان کرابوو: لە ڕێگەی تیروپشك نیشان کرابوون.

[b] ٢١ دوو سەد شاقل زیو: نزیکەی ٢,٣ کیلۆگرام.

[c] ٢٦ عاخۆر وشەیەکی عیبرییە بە واتای تێکدان.

١٠ بۆ بەیانی یەشوع زوو لە خەو هەستا و گەلەکەی
کۆکردەوە و خۆی و پیرانی ئیسرائیل لەپێش گەلەوە
سەرکەوتن بۆ عای. ١١ هەروەها هەموو ئەو لەشکرەی
لەگەڵیدا بوون سەرکەوتن و چوونە پێشەوە و هاتنە
بەرامبەر شارەکە، لە باکووری عای چادریان هەڵدا و
دۆڵەکە لەنێوان ئەوان و عای بوو. ١٢ یەشوع نزیکەی
پێنج هەزار پیاوی نارد و لەنێوان بێت‌ئێل و عای، لە
ڕۆژئاوای عای لە بۆسەدا دایانان. ١٣ ئیتر گەل، واتە
هەموو لەشکرەکە کە لە باکووری شارەکە بوو لەگەڵ
ئەوانەی کە لە بۆسەکەی ڕۆژئاوای شارەکە بوون،
جێگیر بوون، یەشوعیش ئەو شەوە چووە ناوەڕاستی
دۆڵەکە.

١٤ کاتێک پاشای عای ئەمەی بینی، خۆی و
پیاوانی شارەکە بەیانی زوو بە پەلە هاتنە دەرەوە
بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە بەرزاییەک کە
دەیڕوانییە «عەراڤا[a]»، بەڵام پاشا نەیدەزانی کە لە
پشت شارەکەوە بۆسەیەکی بۆ نراوەتەوە. ١٥ یەشوع
لەگەڵ هەموو ئیسرائیل وایان پیشان دا کە شکستیان
خواردوو و بە ڕێگای چۆڵەوانیدا هەڵاتن. ١٦ لەنێو
هەموو خەڵکی شاری عای بانگەواز بڵاو بووەوە
کە دوایان بکەون، ئەوانیش دوای یەشوع کەوتن و
لە شارەکە دوورکەوتنەوە. ١٧ یەک پیاو لە عای یان
لە بێت‌ئێل نەما کە بەدوای ئیسرائیل نەکەوتبێت.
شارەکەیان بە کراوەیی بەجێهێشت و بەدوای
ئیسرائیل کەوتن.

١٨ ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: «ڕمەکەی
دەستت ڕووەو عای بگرە، چونکە من دەیدەمە
دەستتەوە.» یەشوعیش ئەو ڕمەی بە دەستیەوە
بوو ڕووەو شارەکەی کرد. ١٩ کاتێک دەستی درێژکرد
ئەوانەی لە بۆسەکە بوون بە پەلە لە جێی خۆیان
هەستان و ڕایانکرد و چوونە ناو شارەکەوە و گرتیان
و بە پەلە سووتاندیان.

٢٠ پیاوەکانی عای ئاوڕیان دایەوە و تەماشایان کرد
وا دووکەڵی شارەکە بۆ ئاسمان بەرز بووەتەوە و هیچ
جێیەکیش نییە بۆی هەڵبێن، نە بەملا و نە بەولا،
ئیسرائیلییەکانیش کە بۆ چۆڵەوانی ڕایاندەکرد بەسەر
ڕاونەرەکاندا هەڵگەڕانەوە. ٢١ جا کە یەشوع و هەموو
ئیسرائیل بینییان بۆسەکە شارەکەی گرتووە و دووکەڵی
شارەکە بەرز بووەتەوە، گەڕانەوە و لە پیاوەکانی
عاییان دا. ٢٢ جەنگاوەران لەناو بۆسەکەش لە شارەکەوە
بۆ پەلاماردانیان هاتنە دەرەوە و پیاوەکانی عای
کەوتنە نێوان ئیسرائیلییەکان. ئەمان لەم لاوە و ئەوان
لەولاوە، ئینجا لێیان دان تاکو کەسیان لێ نەما هەڵبێت
و دەرباز بێت. ٢٣ بەڵام پاشای عاییان بە زیندوویی
دەستگیر کرد و بردیانە بەردەم یەشوع.

٢٤ پاش ئەوەی ئیسرائیل لە کوشتنی هەموو
پیاوەکانی عای بوونەوە کە لە کێڵگە و چۆڵەوانیدا
دوایان کەوتبوون هەتا قڕیان بکەن، هەموو
ئیسرائیلییەکان گەڕانەوە ناو شار و هەموو ئەو
دانیشتووانانەیان بە شمشێر کوشت کە لەوێ
مابوونەوە. ٢٥ سەرجەم دانیشتووانی عای، هەموو
ئەوانەی لەو ڕۆژەدا کەوتن لە پیاو و لە ژن، دوازدە
هەزار کەس بوون. ٢٦ یەشوعیش ئەو دەستەی کە
ڕمەکەی پێ درێژکردبوو نەیگەڕاندەوە دواوە هەتا
سەرجەم دانیشتووانی عای قڕ بوون[b]. ٢٧ بەڵام نەوەی
ئیسرائیل ئاژەڵی ماڵی و دەستکەوتی ئەو شارەیان بۆ
خۆیان تاڵان کرد، بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان کە
فەرمانی بە یەشوع کردبوو.

٢٨ ئینجا یەشوع عایی سووتاند[c] و کردییە گردێکی
وێرانی هەتاهەتایی، هەتا ئەمڕۆش هەروا ماوەتەوە.
٢٩ هەروەها لاشەی پاشای عایی هەتا ئێوارە لەسەر دار
هەڵواسی، لە کاتی ئاوابوونی خۆر یەشوع فەرمانی
دا و لاشەکەیان هێنا خوارەوە و لەبەردەم دەروازەی
شارەکە فڕێیان دا و کۆمەڵە بەردێکی گەورەیان
لەسەر کەڵەکە کرد کە هەتا ئەمڕۆ ماوەتەوە.

---

[a] ١٤ عەراڤا شیوێک بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

[b] ٢٦ قڕ بوون: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێک یان کەسێک کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[c] ٢٨ یەشوع عایی سووتاند: واتە یەشوع و پیاوەکانی شاری عاییان سووتاند.

## تازەکردنەوەی پەیمانەکە لە کێوی عێبال

٣٠ ئینجا یەشوع قوربانگایەکی بۆ یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل لە کێوی عێبال بنیاد نا.
٣١ هەروەک موسای بەندەی یەزدان فەرمانی بە نەوەی
ئیسرائیل کردبوو، بەپێی ئەوەی لە پەڕتووکی تەوراتی
موسادا نووسراوە، قوربانگایەک لە بەردی نەتاشراو،
کە ئامێری ئاسنی بەسەردا بەرز نەکرابووەوە،
قوربانی سووتاندنیان بۆ یەزدان سەرخستە سەری
و قوربانی هاوبەشییان[a] سەربڕی. ٣٢ لەوێ یەشوع
لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل وێنەیەکی لەو
فێرکردنە نووسییەوە کە موسا نووسیبووی. ٣٣ هەموو
ئیسرائیلیش نامۆ و هاوڵاتی وەک یەک، لەگەڵ پیر و
کوێخا و دادوەریان لەتەنیشت سندوقەکەوە، لەم لا
و ئەو لاوە بەرامبەر بە کاهینە لێڤییەکان هەڵگرانی
سندوقی پەیمانی یەزدان وەستان، نیوەیان بەلای
کێوی گەریزیم و نیوەکەی دیکەیان بەلای کێوی
عێبال، وەک چۆن لەوەو پێش موسای بەندەی یەزدان
فەرمانی دابوو، کاتێک فەرمانی دا بۆ داواکردنی
بەرەکەت بۆ گەلی ئیسرائیل.

٣٤ پاشان هەموو وشەکانی ئەو فێرکردنەی
خوێندەوە، بەرەکەت و نەفرەت، بەگوێرەی هەموو
ئەوەی لە پەڕتووکی تەوراتدا نووسرابوو. ٣٥ وشەیەک
نەبوو لە هەموو ئەو شتانەی کە موسا فەرمانی پێ
کردبوو، کە یەشوع نەیخوێنێتەوە، لەبەردەم هەموو
کۆمەڵی ئیسرائیلدا بە ئافرەت و منداڵ و ئەو
نامۆیانەش کە لەنێویاندا بوو.

## گبعۆنییەکان یەشوع فریودەدەن

٩ ئینجا کاتێک هەموو ئەو پاشایانەی لە بەری
ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردونن، لە ناوچە
شاخاوییەکان و زوورگەکانی[b] ڕۆژئاوای و لە هەموو
کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست[c] تاکو لوبنان،
حیتی و ئەموری و کەنعانی و پریزی و حیڤی و
یەبوسییەکان ئەوەیان بیستەوە، ٢ بە یەک دەنگ
پێکەوە کۆبوونەوە بۆ جەنگ لە دژی یەشوع و
ئیسرائیل.

٣ بەڵام دانیشتووانی گبعۆن کە بیستیانەوە یەشوع
چی بە ئەریحا و عای کردووە، ٤ بە زۆرزانییەوە
کاریان کرد و چوون وەک شاندێک[d] خۆیان پیشان دا،
گوێدرێژەکانیان لە جەواڵە کۆن و مەشکە شەرابی
کۆن و دڕاو و بەستراو بارکرد، ٥ پێڵاوی دڕاو و
پینەکراویان لەپێکرد و جلی شڕیان لەبەرکرد، هەموو
نانی ئازووقەکەیان وشک و کەڕووی هەڵهێنابوو.
٦ ئینجا بەرەو لای یەشوع چوون بۆ ئۆردوگاکە کە لە
گلگال بوو، بە یەشوع و پیاوانی ئیسرائیلیان گوت:
«لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووین و ئێستا پەیمانمان
لەگەڵدا ببەستن.»

٧ پیاوانی ئیسرائیلیش بە حیڤییەکانیان گوت:
«لەوانەیە ئێوە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بن، ئیتر
چۆن پەیمانتان لەگەڵدا ببەستین؟»

٨ ئەوانیش بە یەشوعیان گوت: «ئێمە خزمەتکاری
تۆین.»

یەشوعیش لێی پرسین: «ئێوە کێن و لەکوێوە
هاتوون؟»

٩ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «خزمەتکارەکانت لە
وڵاتێکی زۆر دوورەوە هاتوون، لەبەر ناوی یەزدانی
پەروەردگارت، چونکە ئێمە گوێمان لە هەواڵی
یەزدانی پەروەردگارت بوو و لە بارەی هەموو
ئەو کارانەی کە بەسەر میسری هێنا، ١٠ هەموو
ئەوەی بە دوو پاشای ئەمورییەکانی کرد، ئەوانەی
لەوبەری ڕووباری ئوردون لەلای ڕۆژهەڵات بوون،
سیحۆنی پاشای حەشبۆن و عۆگی پاشای باشان

[a] ٣١ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەک کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەک هێمایەک بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:١١-١٥.

[b] ١ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەک بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

[c] ١ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری دەریای مەزن.

[d] ٤ شاند: وەفد.

ئەوەی لە عەشتارۆت بوو. ١١جا پیرانمان و هەموو
دانیشتووانی خاکەکەمان قسەیان لەگەڵ کردین و
گوتیان: ”ئازووقەی ڕێگا لەگەڵ خۆتان ببەن و بڕۆن
بۆ بینینیان، پێیان بڵێن: ئێمە خزمەتکاری ئێوەین و
ئێستاش پەیمانمان لەگەڵدا ببەستن.“ ١٢ئەو ڕۆژەی
کە بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی بێین بۆ لای ئێوە، لە
ماڵەوە نانەکەمان بە گەرمی هێنا، بەڵام تەماشا
بکە، ئێستا وشکە و کەڕووی هەڵهێناوە. ١٣ئەمەش
مەشکەی شەرابەکانمانە کە بە نوێتی پڕمان کردن
و وا دڕاون، ئەمەش جلوبەرگ و پێڵاوەکانمانە کە
لەبەر دووری ڕێگاکە کۆن بوون.»
١٤جا پیاوانی ئیسرائیل لە ئازووقەکەیان وەرگرت[a]،
بەڵام پرسیان بە یەزدان نەکرد. ١٥یەشوعیش پەیمانی
ئاشتی لەگەڵیاندا بەست کە بە زیندوویی بیانهێڵێتەوە،
ڕابەرەکانی گەلیش سوێندیان بۆ خواردن.
١٦پاش تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر پەیمانەکەدا،
بیستیانەوە کە گبعۆنییەکان لێیان نزیکن و
دانیشتووی ئەو ناوچەیەن. ١٧جا نەوەی ئیسرائیل
بەڕێکەوتن و لە ڕۆژی سێیەمدا هاتنە شارەکانیان،
ئەمانە شارەکانیان بوون: گبعۆن، کەفیرا، بئێرۆت و
قیریەت یەعاریم. ١٨نەوەی ئیسرائیلیش لێیان نەدان،
چونکە ڕابەرەکانی گەل سوێندیان بە یەزدانی خودای
ئیسرائیل بۆ خواردبوون.
لەبەر ئەوە هەموو گەل بۆڵەبۆڵیان لە دژی
ڕابەرەکان کرد، ١٩جا هەموو ڕابەرەکان بە هەموو
گەلیان گوت: «ئێمە بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
سوێندمان بۆ خواردن و ئێستاش ناتوانین دەستیان
لێ بدەین، ٢٠ئەمەیان بۆ دەکەین و بە زیندوویی
دەیانهێڵینەوە، بۆ ئەوەی تووڕەیی بەسەرماندا
نەبارێت، بەهۆی ئەو سوێندەی کە بۆمان خواردوون.»
٢١هەروەها ڕابەرەکان پێیان گوتن: «بە زیندوویی
دەمێننەوە و بۆ هەموو گەل دەبن بە داربڕ و
ئاوکێش.» بەم شێوەیە ڕابەرەکان بەڵێنیان پێدابوون.
٢٢ئینجا یەشوع گبعۆنییەکانی بانگکرد و پێی
گوتن: «بۆچی فریوتان داین و گوتتان: ”ئێمە زۆر لە
ئێوەوە دوورین،“ ئێوە وا دانیشتووانی ئەم ناوەن؟
٢٣ئێستا ئێوە نەفرەت لێکراون، کۆیلە و داربڕ و
ئاوکێشتان لێ نابڕێت بۆ ماڵی خودام.»
٢٤ئەوانیش وەڵامی یەشوعیان دایەوە گوتیان:
«خزمەتکارەکانت هەموو ئەو هەواڵەیان
بیستووەتەوە کە یەزدانی پەروەردگارت فەرمانی بە
موسای بەندەی کردبوو کە هەموو خاکەکەتان بداتێ
و هەموو دانیشتووانی خاکەکەش لەبەردەمتان
لەناو ببات. ئێمەش لەبەر گیانی خۆمان زۆر لە
ئێوە ترساین و ئەم کارەمان کرد، ٢٥ئێستاش ئەوەتا
لەبەردەستی ئێوەداین و چی بە باش و ڕاست
دەزانیت ئەوەمان لەگەڵدا بکە.»
٢٦یەشوعیش ئاوای لێکردن و لە دەست نەوەی
ئیسرائیل ڕزگاری کردن و نەیانکوشتن. ٢٧لەو
ڕۆژەشدا یەشوع گبعۆنییەکانی کردە داربڕ و ئاوکێش
بۆ کۆمەڵ و بۆ قوربانگای یەزدان، هەتا ئەمڕۆش
ئەوە کاریانە لەو شوێنەی یەزدان هەڵیدەبژێرێت.

## خۆر بەسەر گبعۆنەوە بەردەوامە

١٠ ئینجا کاتێك ئەدۆنی سەدەقی پاشای
ئۆرشەلیم بیستییەوە کە یەشوع شاری
عایی گرتووە و بە تەواوی قڕی کردووە[b]، ئەوەی
بە ئەریحا و پاشاکەی کرد، هەمان شتی بە عای و
پاشاکەی کردووە، دانیشتووانی گبعۆنیش پەیمانی
ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا بەستووە و لە نزیکیان
دەژین؛ ٢زۆر ترسا، چونکە گبعۆن شارێکی گەورە
بوو، وەك یەکێك لە شارە پاشانشینەکان و لە عای
گەورەتر بوو، هەموو پیاوەکانیشی پاڵەوان بوون.
٣ئینجا ئەدۆنی سەدەقی پاشای ئۆرشەلیم بەدوای
هۆهامی پاشای حەبرۆن و پیرامی پاشای یەرموت
و یافیعی پاشای لاخیش و دەڤیری پاشای عەگلۆنیدا

[a] ١٤ مەبەست ئەوەیە نانەکەیان وەك بەڵگە وەرگرت و بڕوایان پێیان کرد.

[b] ١ قڕی کردووە: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت، لێرە و لە ئایەتەکانی ٢٨، ٣٥، ٣٧، ٣٩، ٤٠.

نارد و گوتی: ٤«سەربکەون بۆ لام و یارمەتیم بدەن،
لە گبعۆن دەدەین، چونکە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ
یەشوع و نەوەی ئیسرائیلدا بەستووە.»
٥ئینجا هەر پێنج پاشای ئەمورییەکان کۆبوونەوە،
پاشای ئۆرشەلیم و حەبرۆن و یەرموت و لاخیش و
عەگلۆن، خۆیان و هەموو سوپاکانیان سەرکەوتن و
چادریان هەڵدا لە دژی گبعۆن و جەنگیان لە دژی
بەرپا کرد.
٦جا دانیشتووانی گبعۆن بەدوای یەشوعدا ناردیان
بۆ ئۆردوگاکە لە گلگال، پێیان گوت: «دەست لە
خزمەتکارەکانت بەرمەدە. بە پەلە سەربکەوە بۆ
لامان، ڕزگارمان بکە و یارمەتیمان بدە، چونکە
هەموو پاشاکانی ئەمورییەکان ئەوانەی لە ناوچەی
شاخاویدا نیشتەجێن لە دژمان گەلەکۆمەیان
لێکردووین.»
٧بۆیە یەشوع لە گلگالەوە لەگەڵ هەموو سوپاکە
و جەنگاوەرە قارەمانەکان سەرکەوتن. ٨یەزدانیش بە
یەشوعی فەرموو: «لێیان مەترسە، چونکە ئەوانەم
داوەتە دەست تۆ، کەسیان ناتوانێت لەبەردەمت
ڕابوەستێت.»
٩یەشوع بە درێژایی ئەو شەوە لە گلگالەوە
سەرکەوت و لەناکاو بۆیان هات. ١٠یەزدانیش
لەبەردەم ئیسرائیلدا سەری لێ شێواندن، لە گبعۆن
لێدانێکی گەورەی لێدان و بە ڕێگای هەورازی
بێت‌حۆرۆندا ڕاوی نان، هەتا عەزێقا و مەقێدا لێیدان.
١١هەروەها کاتێك لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵدەهاتن و
لە نشێوەکەی بێت‌حۆرۆن بوون، یەزدان لە ئاسمانەوە
بە تەرزەی گەورە لێیدان هەتا گەیشتنە عەزێقا و
مردن. ئەوانەی کە بە تەرزە مردن زیاتر بوون لەوانەی
کە نەوەی ئیسرائیل بە شمشێر کوشتیان.
١٢لەو ڕۆژەدا کە یەزدان ئەمورییەکانی دایە
دەست نەوەی ئیسرائیل، یەشوع لەگەڵ یەزداندا
دوا، لەبەرچاوی ئیسرائیلدا گوتی:

«ئەی خۆر بەسەر گبعۆنەوە ڕابوەستە و
ئەی مانگ بەسەر دۆڵی ئەیالۆنەوە.
١٣جا خۆر ڕاوەستا و
مانگیش وەستا
هەتا گەل تۆڵەیان لە دوژمنەکانیان سەندەوە.»

ئایا ئەمە لە پەڕتووکی یاشاردا[a] نەنووسراوە؟
جا خۆر لەناو جەرگەی ئاسماندا ڕاوەستا و بۆ
ماوەی یەك ڕۆژی تەواو لە ئاوابوون پەلەی نەکرد.
١٤وەك ئەو ڕۆژە قەت نەبووە، نە لەپێشی و نە لەپاشی
کە یەزدان ئاوا گوێ لە دەنگی کەسێك بگرێت، چونکە
یەزدان بۆ پاڵپشتی ئیسرائیل دەجەنگا!
١٥ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ
ئۆردوگاکە لە گلگال.

## پێنج پاشاکە کوژران

١٦پێنج پاشاکەش هەڵاتن و لە ئەشکەوتێکدا لە
مەقێدا خۆیان شاردەوە. ١٧جا بە یەشوع ڕاگەیەنرا
و گوترا کە پێنج پاشاکە لە ئەشکەوتێکدا لە مەقێدا
خۆیان شاردووەتەوە، ١٨یەشوعیش گوتی: «بەردی
گەورە بۆ سەر دەمی ئەشکەوتەکە تل بکەنەوە و
چەند پیاوێکی بەدیارەوە دابنێن بۆ چاودێرییان.
١٩ئێوەش مەوەستن، بەڵکو دوای دوژمنەکانتان
بکەون و لە پشتەوە لێیان بدەن، مەهێڵن بچنە
ناو شارەکانیانەوە، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان
ئەوانی داوەتە دەستتان.»
٢٠ئینجا کە یەشوع و نەوەی ئیسرائیل تەواو
بوون لە لێدانیان بە گورزێکی جەرگبڕ هەتا
لەناوچوون و ئەوانەی لێیان هەڵاتن چوونە ناو
شارە قەڵابەندەکانەوە، ٢١هەموو سوپا بە سەلامەتی
گەڕانەوە بۆ لای یەشوع بۆ ئۆردوگاکە لە مەقێدا. کەس
نەبوو لە دژی نەوەی ئیسرائیل زمان درێژ بکات.
٢٢ئینجا یەشوع گوتی: «دەمی ئەشکەوتەکە
بکەنەوە و ئەو پێنج پاشایەم لە ئەشکەوتەکەوە بۆ
بهێنە دەرەوە.» ٢٣ئەوانیش بەم جۆرەیان کرد و ئەو
پێنج پاشایەیان لە ئەشکەوتەکەوە بۆ هێنایە دەرەوە،
پاشای ئۆرشەلیم و حەبرۆن و یەرموت و لاخیش

[a] ١٣ پەڕتووکی یاشار: دەشێت کۆکراوەی هەڵبەستە جەنگییەکان بووبێت، هەروەها لە دووەم ساموئێل ١٨:١ دەقێکی دیکە لەم پەڕتووکە وەرگێڕاوە.

و عەگلۆن. ٢٤جا کە پاشاکانیان بۆ یەشوع هێنایە دەرەوە، یەشوع هەموو پیاوانی ئیسرائیلی بانگکرد و بە فەرماندەکانی سوپای گوت، ئەوانەی کە لەگەڵیدا ڕۆیشتبوون، «وەرنە پێشەوە و قاچتان لەسەر ملی ئەم پاشایانە دابنێن.» ئەوانیش چوونە پێش و قاچیان لەسەر ملیان دانا.

٢٥ئینجا یەشوع پێی گوتن: «مەترسن و ورە بەرمەدەن، بەهێز و ئازا بن، چونکە یەزدان ئاوا لە هەموو دوژمنەکانتان دەکات، کە ئێوە لە دژیان دەجەنگن.» ٢٦ئینجا یەشوع لێیدان و کوشتنی، هەر پێنجیانی لەسەر پێنج دار هەڵواسی، هەتا ئێوارە بە هەڵواسراوی لەسەر دارەکان مانەوە.

٢٧پاشان لە کاتی ئاوابوونی خۆر یەشوع فەرمانی دا، ئینجا لە دارەکان دایانگرتن و فڕێیان دانە ئەو ئەشکەوتەی خۆیان تێیدا شاردبووەوە، چەند بەردێکی گەورەشیان خستە سەر دەمی ئەشکەوتەکە، هەتا ئەمڕۆش لەوێن.

٢٨هەر لەو ڕۆژەدا یەشوع[a] مەقێدای گرت و دایە بەر زەبری شمشێر، پاشاکەی و هەموو گیانێکی تێدا بە تەواوی قڕکرد. کەسی لێیان نەهێشت، ئەوەی بە پاشای مەقێدا کرد کە بە پاشای ئەریحای کردبوو.

## گرتنی زۆربەی شارەکانی باشوور

٢٩ئینجا یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیل لە مەقێداوە تێپەڕین بۆ لیڤنا، لە دژی لیڤنا جەنگان. ٣٠یەزدان شارەکەی لەگەڵ پاشاکەی دایە دەست ئیسرائیل و بە شمشێر لێیدا، لە خۆی و هەموو گیانێك کە تێیدا بوو. کەسی لێیان نەهێشت، ئەوەی بە پاشاکەی کرد کە بە پاشای ئەریحای کردبوو.

٣١پاشان یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیلدا لە لیڤنایەوە تێپەڕین بۆ لاخیش، گەمارۆیان دا و لە دژی جەنگان. ٣٢یەزدان لاخیشی دایە دەست ئیسرائیل، لە ڕۆژی دووەمدا یەشوع گرتی و دایە بەر زەبری شمشێر، لەگەڵ هەر گیانێکی زیندوو کە تێیدا بوو، هەروەك چۆن یەشوع بە لیڤنای کردبوو. ٣٣لەو کاتەدا هۆرامی پاشای گەزەر بۆ پاڵپشتیکردنی لاخیش سەرکەوتبوو، بەڵام یەشوع لە خۆی و لەشکرەکەی دا و کەسی لێیان نەهێشت.

٣٤ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل لە لاخیشەوە تێپەڕین بۆ عەگلۆن، گەمارۆیان دا و لە دژی جەنگان. ٣٥هەر لەو ڕۆژەدا گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر، هەر لەو ڕۆژەدا هەموو گیانێکی زیندوویان تێدا بە تەواوی قڕکرد، بە دەردی لاخیشیان برد. ٣٦ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل لە عەگلۆنەوە سەرکەوتن بۆ حەبرۆن و لە دژی جەنگان، ٣٧گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر، لەگەڵ پاشاکەی و هەموو شارۆچکەکانی و هەموو گیانێکی زیندوو کە تێیدا بوو، کەسی لێیان نەهێشت، بە دەردی عەگلۆنیان برد، جا خۆی و هەموو گیانێکی زیندووی بە تەواوی قڕکرد کە تێیدا بوو.

٣٨ئینجا یەشوع و هەموو ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ دەڤیر و لە دژی جەنگان و ٣٩گرتیان، خۆی و پاشاکەی و هەموو شارۆچکەکانی و دایانە بەر زەبری شمشێر و هەرچی گیانی زیندووی تێدابوو بە تەواوی قڕیان کرد، کەسی لێیان نەهێشت، دەڤیر و پاشاکەی بە دەردی حەبرۆن و پاشاکەی برد، هەروەك چی بە لیڤنا و پاشاکەی کردبوو.

٤٠جا یەشوع هەموو خاکی ناوچە شاخاوییەکە و نەقەب و زوورگەکانی خۆرئاوا و قەدپاڵەکانی لەگەڵ هەموو پاشاکانیانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و کەسی لێیان نەهێشت، بەڵکو بە تەواوی هەموو هەناسەدانێکی لێ بڕی، هەروەك یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل فەرمانی دابوو. ٤١یەشوع هەر لە قادێش بەرنێعەوە هەتا غەزە لێیدان، لە هەموو ناوچەی گۆشەن هەتا گبعۆن. ٤٢یەشوع هەموو ئەو پاشایانە و خاکەکەیانی بە یەك جار گرت، چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بۆ پاڵپشتی ئیسرائیل جەنگا.

٤٣ئینجا یەشوع لەگەڵ هەموو ئیسرائیلدا گەڕایەوە بۆ ئۆردوگاکە لە گلگال.

[a] ٢٨ یەشوع: واتە یەشوع لەگەڵ هەموو جەنگاوەرەکانی ئیسرائیل.

## بەزاندنی پاشاکانی باکوور

١١ ئینجا کاتێك یاڤینی پاشای حاچۆر ئەمەی
بیستەوە، نێردراوی نارد بۆ لای یۆڤاڤی
پاشای مادۆن و پاشای شیمرۆن و پاشای ئەکشاف
و [٢]ئەو پاشایانەی لە باکوور لە چیان و لە دەشتایی
عەراڤا خوارووی کینەرەت و لە زوورگەکانی خۆرئاوا
و لە بەرزاییەکانی دۆرە لە ڕۆژئاوا، [٣]کەنعانییەکان لە
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەموری و حیتی و پریزی و
یەبوسییەکان لە ناوچە شاخاوییەکان و حیڤییەکانی
بناری حەرمۆن لە خاکی میچپا. [٤]جا خۆیان و
هەموو لەشکرەکانیان لەگەڵیان هاتنە دەرەوە،
سوپایەکی گەورە وەك لمی کەناری دەریا، بە ئەسپ
و گالیسکەیەکی زۆر زۆرەوە. [٥]ئینجا هەموو ئەو
پاشایانە لە کاتی دیاریکراودا کۆبوونەوە و هاتن،
لەلای جۆگەی مێرۆم چادریان هەڵدا بۆ ئەوەی لە
دژی ئیسرائیل بجەنگن.
[٦]یەزدانیش بە یەشوعی فەرموو: «لێیان مەترسە،
چونکە سبەینێ لەم کاتەدا هەموویان بە کوژراوی
فڕێدەدەمە بەردەم ئیسرائیل، جا دەماری پێی
ئەسپەکانیان دەبڕیتەوە و گالیسکەکانیان بە ئاگر
دەسووتێنیت.»
[٧]ئینجا یەشوع و هەموو جەنگاوەرەکان لەگەڵیدا
لەناکاو لە نزیك جۆگەی مێرۆم هاتنە سەریان.
[٨]یەزدانیش ئەوانی دایە دەست ئیسرائیل، ئەوانیش
لێیان دان و دەریانپەڕاندن هەتا سەیدائی مەزن و
میسرەفۆت مەیم و دۆڵی میچپا لە ڕۆژهەڵات، جا
لێیان دان هەتا کەسیان لێیان نەهێشت. [٩]یەشوع
ئەوەی پێکردن کە یەزدان پێی فەرموو، جومگە پێی
ئەسپەکانی ئەوانی بڕی و گالیسکەکانی سووتاندن.
[١٠]ئینجا لەو کاتەدا یەشوع گەڕایەوە و شاری
حاچۆری گرت و بە شمشێر لە پاشاکەی دا، چونکە
پێشتر حاچۆر پایتەختی هەموو ئەو پاشایەتییانە
بوو. [١١]هەموو گیانێك کە تێیدابوو دایانە بەر زەبری
شمشێر، بە تەواوی قڕیان کردن[a] و هەناسەیەکی
تێدا نەما، حاچۆریشیان سووتاند.
[١٢]ئینجا یەشوع هەموو ئەو شارانەی کە پاشایان
هەبوو بە پاشاکانیانەوە گرتی و دایە بەر زەبری
شمشێر، بە تەواوی قڕی کردن، هەروەك موسای
بەندەی یەزدان فەرمانی دابوو. [١٣]بەڵام ئیسرائیل ئەو
شارانەی نەسووتاند کە لەسەر گردەکان بوون، تەنها
حاچۆر، یەشوع بە تەنها ئەوی سووتاند. [١٤]نەوەی
ئیسرائیل هەموو دەستکەوتەکانی ئەو شارانە و
ئاژەڵە ماڵییەکانیان بۆ خۆیان تاڵان کرد. بەڵام هەموو
دانیشتووانەکانیان دایە بەر شمشێر هەتا بە تەواوی
لەناویانبردن، هیچ زیندوویێکیان تێدا نەهێشتەوە.
[١٥]هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسای بەندەی کردبوو،
موساش ئاوا فەرمانی بە یەشوع کرد و یەشوعیش
ئاوای کرد، هیچ شتێکی پشتگوێ نەخست، لە هەموو
ئەوەی یەزدان فەرمانی بە موسا کردبوو.
[١٦]جا یەشوع هەموو ئەو خاکانەی گرت: ناوچە
شاخاوییەکە و هەموو نەقەب و هەموو خاکی
گۆشەن و زوورگەکانی خۆرئاوا و دەشتایی عەراڤا
و چیاکانی ئیسرائیل و زوورگەکانی، [١٧]لە کێوی
حالاقەوە کە بەرەو سێعیر سەردەکەوێت هەتا
بەعلگاد لە دۆڵی لوبنان لە بناری چیای حەرمۆن،
هەموو پاشاکانیشی گرتن و لێیدان و کوشتنی.
[١٨]یەشوع ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پاشایانەدا
جەنگا، [١٩]هیچ شارێك نەبوو پەیمانی ئاشتی لەگەڵ
ئیسرائیلدا ببەستێت، تەنها حیڤییەکانی دانیشتووی
گبعۆن نەبێت، بەڵکو هەموویانی بە جەنگ گرت،
[٢٠]چونکە یەزدان خۆی دڵیانی ڕەقکردبوو، هەتا لە
جەنگدا بەرەنگاری ئیسرائیل ببنەوە، جا قڕ بکرێن
و بەزەییان بەسەرەوە نەبێت، بەڵکو بە تەواوی
لەناویان ببات، هەروەك یەزدان فەرمانی بە موسا
کردبوو.
[٢١]لەو کاتەدا یەشوع چوو و عەناقییەکانی لە

---

[a] ١١ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

کێوی حەبرۆن و دەڤیر و عەناڤ و هەموو ناوچە
شاخاوییەکانی یەهودا و هەموو ناوچە شاخاوییەکانی
ئیسرائیل بنبڕ کرد. یەشوع لەگەڵ شارۆچکەکانیاندا بە
تەواوی قڕی کردن. ٢٢جا لە خاکی نەوەی ئیسرائیلدا
عەناقییەکان نەمان، بەڵام هەندێکیان لە غەزە و گەت
و ئەشدۆد مانەوە. ٢٣ئینجا یەشوع هەموو خاکەکەی
گرت، بەپێی هەموو ئەوەی یەزدان بە موسای
فەرمووبوو، یەشوع بەگوێرەی بەش و هۆزەکانیان بە
میرات بە ئیسرائیلی دا.
ئینجا خاکەکە لە جەنگ پشووی دا.

## لستی ئەو پاشایانەی کە بەزین

١٢ ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە نەوەی
ئیسرائیل لێیان دان و دەستیان بەسەر
خاکەکەیاندا گرت، لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری
ئوردون، لە دەربەندی ئەرنۆنەوە هەتا چیای حەرمۆن
و هەموو دەشتایی عەراڤا بەرەو ڕۆژهەڵات:

٢سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان، کە لە حەشبۆن
نیشتەجێ بوو، حوکمڕان بوو لەسەر عەرۆعێر کە
کەناری دەربەندی ئەرنۆنە، ناوەڕاستی دۆڵەکە،
نیوەی گلعاد هەتا دۆڵی یەبۆق کە سنووری
عەمۆنییەکانە، ٣دەشتایی عەراڤا هەتا دەریاچەی
جەلیل[a] ڕووەو ڕۆژهەڵات، هەتا دەریای عەراڤا
واتە دەریای مردوو[b] بەرەو ڕۆژهەڵات، ڕێگای
بێتیەشیمۆت، ئینجا بەرەو باشووری بناری پسگە.

٤سنوورەکانی عۆگی پاشای باشان، کە لە
پاشماوەی ڕفائییەکانە[c] و نیشتەجێی عەشتارۆت و
ئەدرەعییە، ٥حوکمڕان بوو بەسەر چیای حەرمۆن و
سەلخە و هەموو باشانەوە هەتا سنووری گەشووری
و مەعکائییەکان و نیوەی گلعاد هەتا سنوورەکانی
سیحۆنی پاشای حەشبۆن.

٦موسای بەندەی یەزدان و نەوەی ئیسرائیل
ئەوانیان شکاند. موسای بەندەی یەزدان بە میرات[d]
دایە ڕەئوبێنی و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەشە.

٧ئەمانەش ئەو پاشایانەی خاکەکەن کە یەشوع
و نەوەی ئیسرائیل شکاندیانن، لە بەری ڕۆژئاوای
ڕووباری ئوردون لە بەعلگاد لە دۆڵی لوبنانەوە
هەتا کێوی حالاق کە بەرەو سێعیر سەردەکەوێت،
یەشوعیش بەگوێرەی بەشەکانیان بە میرات
دایە هۆزەکانی ئیسرائیل. ٨ئەو خاکەی لە ناوچە
شاخاوییەکان، زوورگەکانی خۆرئاوا، دەشتایی عەراڤا،
بنارەکان، چۆڵەوانی و نەقەبدا بوو. ئەمەش خاکی
حیتی و ئەموری و کەنعانی و پریزی و حیڤی و
یەبوسییەکانە. ئەمانە ئەو پاشایانەن:

٩پاشای ئەریحا
پاشای عای کە لەلای بێتئێلە
١٠پاشای ئۆرشەلیم
پاشای حەبرۆن
١١پاشای یەرموت
پاشای لاخیش
١٢پاشای عەگلۆن
پاشای گەزەر
١٣پاشای دەڤیر
پاشای گەدەر
١٤پاشای حۆرما
پاشای عەراد
١٥پاشای لیڤنا
پاشای عەدولام
١٦پاشای مەقێدا
پاشای بێتئێل
١٧پاشای تەپووەح
پاشای حێفەر
١٨پاشای ئەفێق
پاشای لەشارۆن

[a] ٣ دەریاچەی جەلیل: عیبری: دەریای کینەرەت. بڕوانە مەتا ٤:١٨.

[b] ٣ دەریای مردوو: عیبری: دەریای خوێ.

[c] ٤ ڕفائییەکان: خەڵکێکی زەبەلاح بوون.

[d] ٦ میرات: واتە موسا خاکەکەیانی بە میرات دایە ڕەئوبێنی و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەشە.

[١٩]پاشای مادۆن
پاشای حاچۆر
[٢٠]پاشای شیمرۆن‌مەرۆن
پاشای ئەکشاف
[٢١]پاشای تەعنەك
پاشای مەگیدۆ
[٢٢]پاشای قەدەش
پاشای یۆقنەعام لە کارمەل
[٢٣]پاشای دۆر لە بەرزاییەکانی دۆر
پاشای گۆییم لە گلگال
[٢٤]پاشای تیرزە.
هەموو پاشاکان سی و یەك پاشا بوون.

## ئەو خاکانەی هێشتا دەستی بەسەردا نەگیراوە

١٣ کاتێك یەشوع پیر بوو و چووە ساڵەوە،
یەزدانیش پێی فەرموو: «تۆ پیر بوویت و
چوویتە ساڵەوە، هێشتا چەند خاکێکی زۆریش ماوە
دەستی بەسەردا بگیردرێت.
[٢]«ئەمە ئەو خاکەیە کە ماوەتەوە: هەموو ناوچەکانی
فەلەستی و گەشوورییەکان، [٣]لە ڕووباری شیحۆرەوە
کە لە ڕۆژهەڵاتی میسرە هەتا سنووری عەقرۆن
لە باکوور کە سەر بە کەنعانییەکانە، سنووری پێنج
ڕابەرە[a] فەلەستییەکان، لە غەزە، ئەشدۆد، ئەسقەلان،
گەت و عەقرۆن، عەقرۆنی خاکی عەڤییەکان. [٤]لە
باشوورەوە هەموو خاکی کەنعانییەکان و عارا کە هی
سەیدائییەکانە هەتا ئەفێق و سنووری ئەمورییەکان،
[٥]خاکی جوبەیلییەکان[b] و هەموو ناوچەکانی لوبنان
بەرەو ڕۆژهەڵات، لە بەعل‌گاد بناری چیای حەرمۆنەوە
هەتا دەروازەی حەمات.

[٦]«من خۆم هەموو دانیشتووانی چیا لە لوبنانەوە
هەتا میسرەفۆت مەیم، هەموو سەیدائییەکان
لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا دەردەکەم. دەبێت
تۆش ئەم خاکانە بە تیروپشك بە میرات بۆ ئیسرائیل
دابەش بکەیت، بەو شێوەیەی فەرمانم پێ کردیت،
[٧]ئێستاش بەسەر نۆ هۆز و نیوەی هۆزی مەنەشەدا
بە میرات دابەشی بکە.»

## دابەشکردنی خاکی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون

[٨]ڕەئوبێنی و گادییەکان بەشی خۆیان لەگەڵ نیوەکەی
دیکەی مەنەشە وەرگرت کە موسای بەندەی یەزدان
بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردونی پێدابوون.
[٩]لە عەرۆعێرەوە کە لە کەناری دەربەندی ئەرنۆنە،
شارۆچکەکەی ناوەڕاستی دەربەندەکە، هەموو دەشتە
بەرزەکەی مێدەبا هەتا دیڤۆن، [١٠]هەموو شارۆچکەکانی
سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان کە فەرمانڕەوایەتی دەکرد
لە حەشبۆنەوە هەتا سنووری عەمۆنییەکان، [١١]گلعاد
و سنوورەکانی گەشووری و مەعکائییەکان، هەموو
چیای حەرمۆن، هەموو باشان هەتا سەلخە؛ [١٢]واتە
هەموو پاشایەتی عۆگ لە باشان کە پاشایەتی دەکرد
لە عەشتارۆت و لە ئەدرەعی، ئەویش لە پاشماوەی
ڕفائییەکان مابووەوە، موسا لێیدان و دەریکردن. [١٣]نەوەی
ئیسرائیل گەشوورییەکان و مەعکائییەکانیان دەرنەکرد،
ئیتر هەتا ئەمڕۆش گەشووری و مەعکائی لەنێو
ئیسرائیلدا نیشتەجێن.

[١٤]بەڵام موسا میراتی بە هۆزی لێڤی نەدا، لەبەر
ئەوەی قوربانییە بە ئاگرەکانی یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل میراتی ئەوانە، هەروەك یەزدان بە موسای
فەرموو.

[١٥]ئەو خاکانەی موسا بە هۆزی نەوەی ڕەئوبێنی
دابوو، بەگوێرەی خێڵەکانیان، ئەمانە بوون:
[١٦]سنووریان لە عەرۆعێرەوە کە لەسەر کەناری دەربەندی
ئەرنۆنە، شارۆچکەکەی ناوەڕاستی دەربەندەکەوە،
هەموو دەشتە بەرزەکە لە مێدەبایەوە [١٧]هەتا شاری

---

[a] ٣ لێرەدا بە وشەی زمانی کۆنی فەلەستی (سێرێن) هاتووە، واتە هەر یەکێك لەو پێنج شارەی فەلەستییەکان ڕابەری خۆی هەبوو، کە لە هەمان کاتدا سەرکردەی لەشکری شارەکەش بووە.

[b] ٥ شاری جوبەیل شارێکی کۆنە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ لەمەوپێش، ئەمڕۆ بە دووری ٣٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری بەیروت.

حەشبۆن و هەموو شارۆچکەکانی کە لە دەشتە
بەرزەکەیە، دیڤۆن، بامۆتبەعل، بێتبەعلمەعۆن،
[١٨]یەهەچ، قەدێمۆت، مێفەعەت، [١٩]قیریاتەیم، سیڤما،
چەرەت شەحەر لە کێوی دۆڵەکەدا، [٢٠]بێتپەعۆر،
بنارەکانی پسگە، بێتیەشیمۆت، [٢١]هەموو شارۆچکەکانی
دەشتە بەرزەکە و هەموو شانشینی سیحۆنی پاشای
ئەمورییەکان کە لە حەشبۆن فەرمانڕەوایەتی
دەکرد، ئەوەی موسا لەگەڵ سەرۆکەکانی میدیاندا
شکاندنی، ئاڤی، ڕاقەم، چوور، حوور و ڕیڤەع، میرە
هاوپەیمانەکانی سیحۆن کە لەو خاکەدا دەژیان.
[٢٢]نەوەی ئیسرائیل بەلعامی کوڕی بەعۆری فاڵگرەوەشیان
بە شمشێر لەگەڵ کوژراوەکانیان کوشت. [٢٣]جا سنووری
نەوەی ڕەئوبێن کەناری ڕووباری ئوردون بوو. ئەمە
میراتی نەوەی ڕەئوبێنە بەگوێرەی خێڵەکانیان، شارۆچکە
و گوندەکانیان.

[٢٤]ئەو خاکانەی موسا بە هۆزی نەوەی گادی دابوو،
بەگوێرەی خێڵەکانیان، ئەمانە بوون:
[٢٥]سنوورەکانیان یەعزێر و هەموو شارۆچکەکانی گلعاد
و نیوەی خاکی عەمۆنییەکان هەتا عەرۆعێر کە لە نزیك
ڕەبەیە، [٢٦]لە شاری حەشبۆنەوە هەتا ڕامای میچپا و
بەتۆنیم، لە مەحەنەیمەوە هەتا سنووری دەڤیر، [٢٧]لە
دۆڵەکەش بێتهارام، بێتنیمرا، سوکۆت و چافۆن،
پاشماوەکەی شانشینی سیحۆنی پاشای حەشبۆن، بەری
ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون کە سنوورەکانی هەتا
قەراغی دەریاچەی جەلیلە. [٢٨]ئەمە میراتی نەوەی گادە
بەگوێرەی خێڵەکانیان، شارۆچکە و گوندەکانیان.

[٢٩]ئەو خاکانەی موسا دابوویە نیوەی هۆزی
مەنەشە، واتە بۆ نیوەی نەوەی مەنەشە، بەگوێرەی
خێڵەکانیان، ئەمانە بوون:
[٣٠]سنوورەکەیان لە مەحەنەیمەوە هەموو باشان، هەموو
شانشینی عۆگی پاشای باشان، هەموو ئاوەدانییەکانی
یائیر کە لە باشانە، شەست شارۆچکە و [٣١]نیوەی گلعاد
و عەشتارۆت و ئەدرەعی، شارەکانی پاشایەتی عۆگ لە
باشان بۆ نەوەی ماکیری کوڕی مەنەشە بوون، بۆ نیوەی
نەوەی ماکیر بەگوێرەی خێڵەکانیان.

[٣٢]ئەمە ئەوە بوو کە موسا لە دەشتەکانی مۆئاب
لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بەرامبەر
ئەریحا کردی بە میرات. [٣٣]بەڵام موسا میراتی نەدا بە
هۆزی لێڤی، چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
میراتی ئەوان بوو، هەروەك بەڵێنی پێدابوون.

## دابەشکردنی خاکی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردون

١٤ لە خاکی کەنعان، نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان
بۆ بوو بە میرات، ئەوەی ئەلعازاری کاهین و
یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکانی باوکانی هۆزەکانی
نەوەی ئیسرائیل بەسەریاندا دابەشکردن وەك میرات.
[٢]میراتەکەیان بە تیروپشك بوو بۆ نۆ هۆزەکە و نیو
هۆزەکە، هەروەك یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمانی
دا. [٣]موسا میراتی دوو هۆزەکە و نیو هۆزەکەی
لەوبەری ڕووباری ئوردوندا بەلای ڕۆژهەڵاتدا دابوو،
بەڵام لەناو ئەواندا هیچ میراتی بە لێڤییەکان نەدا،
[٤]چونکە نەوەی یوسف دوو هۆز بوون، مەنەشە و
ئەفرایم، هەروەها لە خاکەکەدا هیچ بەشێکیان بە
لێڤییەکان نەدا، تەنها چەند شارۆچکەیەك نەبێت
بۆ نیشتەجێبوون و دەوروبەری شارۆچکەکان، بۆ
لەوەڕگای ڕەشەوڵاخ و مەڕوماڵاتیان. [٥]هەروەك یەزدان
فەرمانی بە موسا کردبوو، نەوەی ئیسرائیل ئاوایان کرد
و خاکەکەیان دابەش کرد.

## حەبرۆن بە کالێب دەدرێت

[٦]ئینجا نەوەی یەهودا لە گلگالدا چوونە پێش بۆ لای
یەشوع، کالێبی کوڕی یەفونەی قەنیزی بە یەشوعی
گوت: «تۆ ئەو قسەیە دەزانیت کە یەزدان لە قادێش
بەرنێعدا لەبارەی من و تۆوە بە موسای پیاوی خودای
فەرموو، [٧]لەو کاتەدا کە موسای بەندەی یەزدان منی لە
قادێش بەرنێعەوە نارد بۆ ئەوەی سیخوڕیەتی خاکەکە
بکەم، تەمەنم چل ساڵ بوو، منیش گەڕامەوە و ئەو
هەواڵەی لە دڵمدا بوو پێم ڕاگەیاند. [٨]هەرچەندە
براکانم ئەوانەی لەگەڵ من بوون گەلیان ترساند، بەڵام
من بە هەموو دڵمەوە بەدوای یەزدانی پەروەردگارم
کەوتم. [٩]جا موسا لەو ڕۆژە سوێندی خوارد: ”ئەو

خاکەی تۆ پێت نایە سەری هەتاهەتایە دەبێتە میراتی
خۆت و کوڕەکانت، چونکە بە هەموو دڵتەوە بەدوای
یەزدانی پەروەردگارم کەوتیت.»[a]
[١٠]«ئێستا تەماشا بکە، یەزدان هەروەک
فەرمووی، ئەم چل و پێنج ساڵە منی بە زیندوویی
هێشتووەتەوە، لەو کاتەوە کە یەزدان بەم قسانە
لەگەڵ موسادا دوا، کاتێک ئیسرائیل بە چۆڵەوانیدا
ڕۆیشت. ئێستاش ئەوەتا تەمەنم هەشتا و پێنج ساڵە!
[١١]هێشتا هەتا ئەمڕۆش هێزم لەبەردا ماوە، هەروەک
ئەو ڕۆژەی کە موسا منی نارد، ئەو کاتە هێزم چۆن
بوو، ئێستاش هەمان هێزی هاتوچۆکردنی جەنگم
هەیە. [١٢]ئێستاش ئەم ناوچە شاخاوییانەم بدەرێ
کە یەزدان لەو ڕۆژەدا بەڵێنی پێدام، چونکە تۆ لەو
ڕۆژەدا بیستت کە عەناقییەکان لەوێن و شارەکانیان
گەورە و قەڵابەند بوون. بەڵکو یەزدان یارمەتیم
بدات، جا دەریاندەکەم، هەروەک یەزدان فەرمووی.»
[١٣]یەشوعیش داوای بەرەکەتی بۆ کالێبی کوڕی
یەفونە کرد و حەبرۆنی بە میرات پێدا. [١٤]لەبەر ئەوە
حەبرۆن بووە میراتی کالێبی کوڕی یەفونەی قەنیزی
هەتا ئەمڕۆش، چونکە بە هەموو دڵییەوە بەدوای
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل کەوت. [١٥]حەبرۆنیش
پێشتر ناوی قیریەت ئەربەع بوو، ئەربەعیش
گەورەترین پیاو بوو لەناو عەناقییەکان.
ئینجا خاکەکە لە جەنگ پشووی دا.

## بەشی یەهودا

١٥ بەشی هۆزی نەوەی یەهودا بە تیروپشک
بەگوێرەی خێڵەکانیان لە سنووری
ئەدۆمەوە بۆ چۆڵەوانی چن بەرەو باشوور درێژ
بووەوە، هەتا ئەوپەڕی باشوور.
[٢]سنووری باشووریان لە کەنداوەوە
دەستپێدەکات، لە کۆتایی باشووری دەریای
مردووە[b] و [٣]لەوێشەوە بۆ باشووری هەورازی
دووپشک دەچوو و پەڕییەوە بۆ چن لە
باشووری قادێش بەرنێعەوە سەرکەوت. ئینجا
بەردەوام بوو بۆ حەسرۆن و سەرکەوت بۆ
ئەدار لەوێشەوە بۆ قەرقەع و [٤]بەردەوام بوو
بۆ عەچمۆن و لەگەڵ دۆڵی میسر یەکیگرت
و کۆتایی سنوورەکەش لەلای دەریای سپی
ناوەڕاست[c] بوو. ئەمە دەبێتە سنووری
باشووریان.
[٥]سنووری ڕۆژهەڵاتیش لە دەریای مردووەوە
هەتا کۆتایی ڕووباری ئوردون بوو.
سنووری لای باکوور دەستپێدەکات لە
کەنداوی دەریاکە لەلای کۆتایی ڕووباری
ئوردون و [٦]سنوورەکە سەرکەوت بۆ بێت‌حۆگلە
و لە باکووری بێت‌عەراڤا پەڕییەوە و سنوورەکە
سەرکەوت بۆ بەردی بۆهەنی کوڕی ڕەئوبێن و
[٧]سنوورەکە لە دۆڵی عاخۆرەوە سەرکەوت بۆ
دەڤیر و بەرەو باکوور بووەوە بۆ گەلیلۆت کە
بەرامبەر بە ڕێگای هەورازی ئەدومیمە کە لە
باشووری دەربەندەکەیە و ئینجا سنوورەکە
بەردەوام بوو بۆ ئاوەکانی کانی شەمەش و
چوو بۆ کانی ڕۆگێل. [٨]ئینجا سنوورەکە بە
دۆڵی بەن‌هینۆمدا بەلای باشووری بناری شاری
یەبوسیدا سەرکەوت کە ئۆرشەلیمە، سنوورەکە
بۆ سەر لووتکەی کێوەکە سەرکەوت کە
بەرامبەر دۆڵی بەن‌هینۆمە بەلای ڕۆژئاوادا کە
لە کەنار دۆڵی ڕفایمە لە باکوور. [٩]سنوورەکە
لەسەر لووتکەی کێوەکەوە درێژ بووەوە بۆ
سەرچاوەی ئاوەکانی نەفتۆوەح و چوو بۆ
شارۆچکەکانی کێوی عەفرۆن. لەوێشەوە
سنوورەکە درێژ بووەوە بۆ بەعلە کە قیریەت
یەعاریمە. [١٠]ئینجا سنوورەکە لە بەعلەیەوە
بەرەو ڕۆژئاوا درێژ بووەوە بۆ کێوی سێعیر[d]
و بەردەوام بوو بۆ لای بناری کێوی یەعاریم لە

---

[a] ٩ بڕوانە دواوتار ١:٣٦.

[b] ٢ دەریای مردوو: عیبری دەریای خوێ، لێرە و لە ئایەتی ٥دا.

[c] ٤ لەلای دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: لەلای دەریاوە، لێرە و لە ئایەتی ١١.

[d] ١٠ ئەم کێوە پەیوەندی بەو ناوچە شاخاوییە نییە کە عیسۆ لێی دەژیا.

باکوور کە کەسالۆنە و دابەزییە بێتشەمەش
و پەڕییەوە بۆ تیمنا. ١١ئینجا سنوورەکە چوو بۆ
لای بناری باکووری عەقرۆن و سنوورەکە درێژ
بووەوە بۆ شیکارۆن و لە کێوی بەعلە پەڕییەوە
و گەیشتە یەڤنئێل و کۆتایی سنوورەکەش
لەلای دەریای سپی ناوەڕاست بوو.
١٢سنووری ڕۆژئاواشیان دەریای سپی
ناوەڕاست[a] بوو بە کەنارەکانییەوە.

ئەمە سنووری نەوەی یەهودا بوو بە چواردەوریدا
بەگوێرەی خێڵەکانیان.

١٣بەپێی فەرمانی یەزدان، یەشوع لەنێو نەوەی
یەهودا بەشێکی دا بە کالێبی کوڕی یەفونە، ئەویش
قیریەت ئەربەع بوو کە حەبرۆنە و ئەربەع باپیرە
گەورەی عەناق بوو. ١٤کالێبیش هەر سێ خێڵی
نەوەی عەناقی لە حەبرۆن دەرکرد، شێشەی و
ئەحیمەن و تەلمەی کە کوڕەکانی عەناق بوون.
١٥لەوێشەوە بۆ هێرشکردنە سەر دانیشتووانی دەڤیر
پێشڕەوی کرد، دەڤیر پێشتر ناوی قیریەت سێفەر
بوو. ١٦ئینجا کالێب گوتی: «ئەوەی پەلاماری قیریەت
سێفەر بدات و بیگرێت، عەکسای کچمی دەدەمێ
ببێتە ژنی.» ١٧ئیتر عۆسنیێلی کوڕی قەنەزی برای
کالێب قیریەت سێفەری گرت، کالێبیش عەکسای
کچی دایێ بۆ ئەوەی ببێتە ژنی.
١٨ئینجا لە کاتی هاتنی بۆ لای عۆسنیێل، عەکسا
هانی دا بۆ ئەوەی داوای کێڵگەیەك لە باوکی بکات.
کاتێك عەکسا لە گوێدرێژەکە دابەزی، کالێب لێی
پرسی: «چیت بۆ بکەم؟»
١٩ئەویش پێی گوت: «بەرەکەتێکم بدەرێ، لەبەر
ئەوەی لە نەقەب زەویت پێداوم، سەرچاوەکانی ئاوم
بدەرێ.» کالێبیش کانیاوەکانی سەروو و خوارووی پێدا.

٢٠ئەمە میراتی هۆزی یەهودایە بەگوێرەی
خێڵەکانیان:

٢١شارۆچکەکانی هۆزی نەوەی یەهودا کە لە کۆتایی
باشووردا بوون لە نەقەب لەلای سنووری ئەدۆم
ئەمانە بوون:
قەڤچەئێل و عێدەر و یاگور و ٢٢قینا و دیمۆنا
و عەدعادە و ٢٣قەدەش و حاچۆر و یەتنان و
٢٤زیف و تەلەم و بەعالۆت و ٢٥حاچۆر حەدەتا
و قەریۆت حەسرۆن کە حاچۆرە و ٢٦ئەمام و
شەمەع و مۆلادا و ٢٧حەچەر گەدا و حەشمۆن
و بێتپەلەت و ٢٨حەچەر شوعال و بیری
شابەع و بزیۆتیە و ٢٩بەعلە و عییم و عەچەم
و ٣٠ئەلتۆلەد و کەسیل و حۆرما و ٣١چیقلەگ و
مەدمەنا و سەنسەنا و ٣٢لەڤائۆت و شیلحیم و
عەین و ڕیمۆن. هەموو شارۆچکەکان بیست و
نۆ شارۆچکە بوون بە گوندەکانیشیانەوە.

٣٣لە زوورگەکانی خۆرئاوا:
ئەشتائۆل و چۆرعا و ئەشنا و ٣٤زانۆوەح و
کانی گەنیم و تەپووەح و عێینام و ٣٥یەرموت
و عەدولام و سۆکۆ و عەزێقا و ٣٦شەعەرایم
و عەدیتەیم و گەدێرا یان گەدێرۆتەیم بوون،
چواردە شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
٣٧چەنان و حەداشا و میگدەل گاد و
٣٨دیلعان و میچپا و یۆقتئێل و ٣٩لاخیش و
بۆچقەت و عەگلۆن و ٤٠کەبۆن و لەحماس
و کیتلیش و ٤١گەدێرۆت و بێتداگۆن و
نەعما و مەقێدا، شازدە شارۆچکە بوون بە
گوندەکانیانەوە.
٤٢لیڤنا و عەتەر و عاشان و ٤٣یەفتاح و ئەشنا
و نەچیڤ و ٤٤قەعیلا و ئەکزیڤ و مارێشا، نۆ
شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
٤٥عەقرۆن لەگەڵ دانیشتووانی دەوروبەری
و گوندەکانی، ٤٦لە عەقرۆنەوە بەرەو ڕۆژئاوا،
هەموو ئەوەی نزیك ئەشدۆد و گوندەکانیەتی،
٤٧ئەشدۆد لەگەڵ دانیشتووانی دەوروبەری و
گوندەکانی و غەزە و دانیشتووانی دەوروبەری
و گوندەکانی هەتا دۆڵی میسر و دەریای سپی
ناوەڕاست و کەنارەکانی.

[a] ١٢ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: دەریای مەزن، لێرە و لە ئایەتی ٤٧.

٤٨لە ناوچە شاخاوییەکەش:
شامیر و یەتیر و سۆکۆ و ٤٩دەنا و قیریەت
سەنا کە دەڤیرە و ٥٠عەناڤ و ئەشتەمۆ و عانیم
و ٥١گۆشەن و حۆلۆن و گیلۆ. یازدە شارۆچکە
بوون بە گوندەکانیانەوە.
٥٢ ئەرەڤ و دوما و ئەشعان و ٥٣یانیم و
بێتتەپووەح و ئەفێقا و ٥٤حومتا و قیریەت
ئەربەع کە حەبرۆنە و چیعۆر، نۆ شارۆچکە
بوون بە گوندەکانیانەوە.
٥٥ماعۆن و کەرمەل و زیف و یوتا و
٥٦یەزرەعیل و یۆقدەعام و زانۆوەح و ٥٧قەین
و گیڤعا و تیمنا، دە شارۆچکە بوون بە
گوندەکانیانەوە.
٥٨حەلحول و بێتچوور و گەدۆر و
٥٩مەعەرات و بێتعەنۆت و ئەلتەقۆن، شەش
شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
٦٠قیریەت بەعل ئەوەی قیریەت یەعاریمە و
ڕەبە، دوو شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.

٦١لە چۆڵەوانیش:
بێتعەراڤا و میددین و سیکاکا و ٦٢نیڤشان
و شاری خوێ و کانی گەدی، شەش شارۆچکە
بوون بە گوندەکانیانەوە.
٦٣بەڵام نەوەی یەهودا نەیتوانی یەبوسییەکانی
دانیشتووی ئۆرشەلیم دەربکەن، جا هەتا ئەمڕۆش
یەبوسییەکان لە ئۆرشەلیمدا لەگەڵ نەوەی یەهودا
نیشتەجێن.

## بەشەکانی مەنەشە و ئەفرایم

١٦ تیروپشك بۆ بەشی نەوەی یوسف دەرچوو،
لە ڕووباری ئوردون لەلای ئەریحا هەتا
ئاوی ئەریحا بوو، بەرەو ڕۆژهەڵات هەتا ئەو
چۆڵەوانییەی لە ئەریحاوە سەردەکەوێت بۆ ناوچە
شاخاوییەکانی بێتئێل، ٢لە بێتئێلیشەوە کە پێی
دەگوترێ لوز، بەردەوام بوو بۆ سنووری ئەرکییەکان
لە عەتەرۆت و ٣لەوێشەوە ڕووەو ڕۆژئاوا دابەزی بۆ
سنووری یەفلێتییەکان و بۆ سنووری بێتحۆرۆنی
خواروو و بۆ گەزەر و کۆتاییەکەشی لەلای دەریای
سپی ناوەڕاست[a] بوو.
٤جا نەوەکانی یوسف مەنەشە و ئەفرایم میراتی
خۆیان وەرگرت.

٥ئەمانەش سنووری نەوەی ئەفرایم بوو بەگوێرەی
خێڵەکانیان:

سنووری میراتەکەیان لە ڕۆژهەڵات،
عەتەرۆت ئەدار بوو، هەتا بێتحۆرۆنی
ژووروو، ٦ئینجا سنوورەکە بەرەو دەریا چوو،
لە میخمەتات ڕووەو باکوور، بەلای ڕۆژهەڵاتدا
سووڕایەوە بۆ تانەس شیلۆ و پەڕییەوە بۆ
یانۆوەح لەلای ڕۆژهەڵات. ٧سنوورەکە لە
یانۆوەحەوە دابەزی بۆ عەتەرۆت و نەعەرا
و چوو بۆ ئەریحا و گەیشتە ڕووباری ئوردون.
٨ئینجا سنوورەکە لە تەپووەح درێژبووەوە بەرەو
ڕۆژئاوا بۆ شیوی قانا و کۆتاییەکەشی لەلای
دەریای سپی ناوەڕاست بوو. ئەمە میراتی هۆزی
نەوەی ئەفرایم بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان،
٩لەگەڵ ئەو شارۆچکانەی لەناو میراتی نەوەی
مەنەشەدا بۆ نەوەی ئەفرایم جیا کرابوونەوە،
هەموو شارۆچکە و گوندەکانیان.
١٠کەنعانییەکانی دانیشتووانی گەزەریان دەرنەکرد،
ئیتر کەنعانییەکان هەتا ئەمڕۆش لەگەڵ ئەفرایمدا
نیشتەجێن و وەك کۆیلە بێگارییان پێدەکەن.

١٧ ئینجا تیروپشك بۆ هۆزی مەنەشە بوو،
چونکە ئەو نۆبەرەی یوسف بوو، بۆ
ماکیری نۆبەرەی مەنەشە و باپیرە گەورەی گلعاد،
چونکە ماکیرییەکان پیاوی جەنگ بوون، گلعاد و
باشان بۆ ئەو بوون. ٢تیروپشك بۆ نەوەکانی دیکەی
مەنەشەش بەگوێرەی خێڵەکانیان بوو، بۆ نەوەی
ئەڤیعەزەر، حێلەق، ئەسریێل، شەخەم، حێفەر
و شەمیداع بەگوێرەی خێڵەکانیان بوو. ئەمانە
نێرینەکانی کوڕانی مەنەشەی کوڕی یوسفن.

[a] ٣ لەلای دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: لەلای دەریاوە، لێرە و لە ئایەتی ٨.

٣بەڵام سەلۆفحادی کوڕی حێفەری کوڕی گلعادی کوڕی ماکیری کوڕی مەنەشە هیچ کوڕی نەبوو، بەڵکو کچی هەبوو، ئەمەش ناوی کچەکانییەتی، مەحلە، نۆعا، حۆگلە، میلکە و تیرزە. ٤جا چوونە پێش بۆ لای ئەلعازاری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و سەرۆکەکان، گوتیان: «یەزدان فەرمانی بە موسا کرد کە لەناو براکانمان میراتمان بدرێتێ.» ئیتر یەشوع بەپێی فەرمانی یەزدان لەنێو براکانی باوکیان میراتی پێدان. ٥مەنەشە دە بەشی بەرکەوت، بێجگە لە زەوی گلعاد و باشان کە لەوبەری ڕووباری ئوردونەوە بوو بەلای ڕۆژهەڵاتەوە، ٦چونکە کچانی هۆزی مەنەشە لەگەڵ کوڕەکانی میراتیان وەرگرت. زەوی گلعادیش بۆ ئەوانی دیکە بوو لە نەوەی مەنەشە.

٧سنووری مەنەشە لە ئاشێرەوە بۆ میخمەتات بوو کە ڕۆژهەڵاتی شەخەمە. سنوورەکە بەلای باشووردا درێژ بووەوە بۆ لای دانیشتووانی کانی تەپووەح. ٨شاری تەپووەح لەسەر سنووری مەنەشە تایبەت بوو بە نەوەی ئەفرایم، بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری شاری تەپووەح تایبەت بوون بە مەنەشە. ٩ئینجا سنوورەکە بەرەو باشوور دابەزی بۆ شیوی قانا. ئەمانە شارۆچکەکانی ئەفرایم بوون لەنێو شارۆچکەکانی مەنەشە، سنووری مەنەشەش لە باکووری شیوەکە بوو، کۆتاییەکەشی لەلای دەریای سپی ناوەڕاست[a] بوو. ١٠لەلای باشوورەوە خاکەکە بۆ ئەفرایم بوو، لەلای باکووریشەوە بۆ مەنەشە بوو. دەریاش سنووری بوو، لەلای باکوورەوە گەیشتە ئاشێر و لەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە گەیشتە یەساخار.

١١جا لەناو یەساخار و ئاشێر ئەم شارۆچکانە و دەوروبەریان بۆ مەنەشە بوون: بێتشان، یەڤلەعام، دانیشتووانی دۆر، سێ بەرزاییەکانی کانی دۆر، تەعنەك و مەگیدۆ.

١٢بەڵام نەوەی مەنەشە نەیانتوانی دەست بەسەر ئەو شارۆچکانەدا بگرن، چونکە کەنعانییەکان سوور بوون لەسەر نیشتەجێبوون لەو خاکەدا. ١٣کاتێك نەوەی ئیسرائیل بەهێزتر بوون بێگارییان بە کەنعانییەکان کرد، بەڵام بە تەواوی دەریاننەکردن.

١٤ئینجا نەوەی یوسف لەگەڵ یەشوعدا دوان و گوتیان: «بۆچی یەك تیروپشك و یەك بەشت وەك میرات پێداوین، لەگەڵ ئەوەی ئێمە گەلێکی زۆرین، چونکە هەتا ئێستاش یەزدان هەر بەرەکەتداری کردووین؟»

١٥یەشوعیش وەڵامی دانەوە: «ئەگەر ئێوە گەلێکی زۆرن، سەربکەون بۆ دارستان لەوێ بۆ خۆتان زەوی پریزی و ڕفائییەکان پاك بکەنەوە، ئەگەر ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم تەنگە بۆتان.»

١٦نەوەی یوسفیش گوتیان: «ناوچە شاخاوییەکە بەشمان ناکات و هەموو کەنعانییەکانی دانیشتووی دۆڵەکەش گالیسکەی ئاسنیان هەیە، ئەوانەی لە بێتشان و دەوروبەری و ئەوانەی لە دۆڵی یەزرەعیلن.»

١٧ئینجا یەشوع بە بنەماڵەی یوسف، بە نەوەی ئەفرایم و مەنەشەی گوت: «ئێوە گەلێکی زۆرن و توانایەکی مەزنتان هەیە، لەبەر ئەوە تەنها یەك تیروپشکتان نابێت، ١٨بەڵکو ناوچە شاخاوییەکەش بۆ ئێوە دەبێت، چونکە دارستانیشی هەیە، جا بیبڕنەوە و هەتا کۆتایی سنوورەکەی دەستی بەسەردا بگرن، ئینجا کەنعانییەکان دەردەکەن، هەرچەندە گالیسکەی ئاسنینیان هەبێت و بەهێزیش بن.»

## دابەشکردنی ئەو زەوییانەی کە ماوەتەوە

١٨ ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە شیلۆ کۆبوونەوە و لەوێدا چادری چاوپێکەوتنیان هەڵدا، خاکەکەش خرایە ژێر ڕکێفیانەوە. ٢بەڵام حەوت هۆز لە نەوەی ئیسرائیل مابوونەوە کە هێشتا میراتەکەی خۆیان وەرنەگرتبوو.

٣جا یەشوع بە نەوەی ئیسرائیلی گوت: «هەتا کەی خاو دەبن لە چوونە ژوورەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو خاکەی کە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان پێیداون؟ ٤لە هەر هۆزێك سێ کەس

[a] ٩ لەلای دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: لەلای دەریاوە.

بۆ خۆتان هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بیاننێرم و بچن و بە
خاکەکەدا بگەڕێن، بەگوێرەی میراتەکەیان ڕووپێو
بکەن، پاشان بگەڕێنەوە بۆ لام. [٥]بۆ حەوت بەش
دابەشی بکەن. جا یەهودا لەسەر سنوورەکەی خۆی
لە باشوور دەمێنێتەوە و بنەماڵەی یوسفیش لەسەر
سنوورەکەیان لە باکوور دەمێننەوە. [٦]ئێوەش خاکەکە
بۆ حەوت بەش ڕووپێو بکەن و پاشان بیهێننەوە ئێرە،
لێرە لەبەردەم یەزدانی پەروەردگارمان تیروپشکتان
بۆ دەکەم. [٧]بەڵام لێڤییەکان لەنێو ئێوەدا بەشیان
نییە، چونکە کاهینییێتی یەزدان میراتی ئەوانە. گاد و
ڕەئوبێن و نیوەی هۆزی مەنەشەش میراتی خۆیان لە
بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون وەرگرت، ئەوەی
کە موسای بەندەی یەزدان پێیدان.»
[٨]کاتێك پیاوەکان بۆ ڕووپێوی خاکەکە بەڕێکەوتن،
یەشوع فەرمانی پێکردن، گوتی: «بڕۆن و بە
خاکەکەدا بگەڕێن و وردەکارییەکانی بنووسن. پاشان
وەرنەوە بۆ لام و منیش لێرە لەبەردەم یەزدان لە شیلۆ
تیروپشکتان بۆ دەکەم.» [٩]ئینجا پیاوەکان ڕۆیشتن
و بەناو خاکەکەدا گەڕان، بەگوێرەی شارۆچکەکان
کردیان بە حەوت بەش، وردەکارییەکەیان تۆمار کرد،
پاشان هاتنەوە بۆ لای یەشوع بۆ ئۆردوگاکە لە شیلۆ.
[١٠]یەشوعیش لە شیلۆ لەبەردەم یەزدان تیروپشکی بۆ
کردن، لەوێ خاکەکەی بۆ نەوەی ئیسرائیل بەگوێرەی
بەشەکانیان دابەش کرد.

## بەشی بنیامین

[١١]ئینجا تیروپشك بۆ هۆزی نەوەی بنیامین بەگوێرەی
خێڵەکانیان کرا. سنووری تیروپشکەکەیان لەنێوان
نەوەی یەهودا و نەوەی یوسفدا بوو.
[١٢]سنوورەکەیان لەلای باکوورەوە لە ڕووباری
ئوردونەوە دەستی پێکرد و لە بناری ئەریحا
لەلای باکوورەوە تێدەپەڕی، پاشان بە ناوچە
شاخاوییەکەدا بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو، هەتا نزیك
چۆڵەوانی بێت‌ئاڤن. [١٣]ئینجا سنوورەکە لەوێوە
بەردەوام بوو بۆ باشووری بناری لوز کە بێت‌ئێلە
و لەوێوە هاتە خوارەوە بۆ عەتەرۆت ئەدار
لەسەر چیاکەی باشووری بێت‌حۆرۆنی خواروو.
[١٤]ئینجا سنوورەکە درێژ بووەوە و سووڕایەوە
بەلای ڕۆژئاوای باشوور، لەو کێوەی کە بەرامبەر
بێت‌حۆرۆنە لە باشوور و گەیشتە قیریەت بەعل
کە قیریەت یەعاریمە، شارۆچکەیەکی نەوەی
یەهودا بوو. ئەمە لای ڕۆژئاوا بوو.
[١٥]لای باشووریش لەوپەڕی قیریەت
یەعاریمەوە دەستی پێکرد و سنوورەکە بەرەو
ڕۆژئاوا چوو بۆ سەرچاوەی ئاوەکانی نەفتۆوەح.
[١٦]سنوورەکە بۆ دامێنی کێوەکەی بەرامبەر
بە دۆڵی بەن‌هینۆم کە لە دۆڵی ڕفایمە لەلای
باکوور دابەزی، لەوێشەوە دابەزی بۆ دۆڵی
هینۆم بەلای بناری یەبوسییەکاندا لەلای
باشوورەوە، ئینجا دابەزی بۆ کانی ڕۆگێل. [١٧]ئینجا
لە باکوورەوە ڕووەو کانی شەمەش درێژ بووەوە
و بەردەوام بوو هەتا گەلیلۆت کە بەرامبەر بە
ڕێگای هەورازی ئەدومیمە و ئینجا دابەزی بۆ
بەردی بۆهەنی کوڕی ڕەئوبێن. [١٨]بەردەوام
بوو بۆ بنارەکەی بەرامبەر بە بێت‌عەراڤا بەلای
باکووردا، ئینجا دابەزی بۆ دەشتایی عەراڤا.
[١٩]سنوورەکە بەردەوام بوو بۆ لای بناری باکووری
بێت‌حۆگلە، لە کەنداوی باکووری دەریای
مردوو[a] کۆتایی هات، لە کۆتایی ڕووباری
ئوردون لە باشوور. ئەمەش سنووری باشوورە.
[٢٠]سنووری لای ڕۆژهەڵاتیش ڕووباری
ئوردون بوو.
ئەمە میراتی نەوەی بنیامین بوو لەگەڵ سنوورەکەی
بە چواردەوریدا بەگوێرەی خێڵەکانیان.
[٢١]شارەکانی هۆزی نەوەی بنیامینیش بەگوێرەی
خێڵەکانیان ئەمانە بوون:
ئەریحا، بێت‌حۆگلە، عێمەق قەچیچ،
[٢٢]بێت‌عەراڤا، چەمارایم، بێت‌ئێل، [٢٣]عەڤیم،

[a] ١٩ دەریای مردوو: عیبری: دەریای خوێ.

پارا، عۆفرا، [٢٤]کەفەر عەمۆنی، عۆفنی و گەڤەع، دوازدە شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
[٢٥] گبعۆن، ڕامە، بئێرۆت، [٢٦]میچپا، کەفیرا، مۆچە، [٢٧] ڕاقەم، یەرپەئێل، تەرەلا، [٢٨]چێلەع، هائەلەف، شاری یەبوسی کە ئۆرشەلیمە، گیڤعا و قیریەت، چواردە شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
ئەمە میراتی نەوەی بنیامین بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان.

## بەشی هۆزی شیمۆن

١٩ تیروپشکی دووەمیش بۆ هۆزی شیمۆن بەگوێرەی خێڵەکانیان کرا، میراتەکەشیان کەوتە ناو میراتەکەی نەوەی یەهوداوە. [٢]جا لە میراتەکەیان ئەمانە بۆ ئەوان بوو:
بیری شابەع کە شابەعە، مۆلادا، [٣]حەچەر شوعال، بالا، عەچەم، [٤]ئەلتۆلەد، بەتول، حۆرما، [٥]چیقلەگ، بێتمەرکاڤۆت، حەچەر سوسا، [٦]بێتلەڤائۆت، شاروحەن، سێزدە شارۆچکە بە گوندەکانیانەوە؛
[٧]عەین و ڕیمۆن و عەتەر و عاشان، چوار شارۆچکە بە گوندەکانیانەوە؛ [٨]هەروەها هەموو ئەو گوندانەی بە چواردەوری ئەم شارۆچکانەدا بوون تاکو بەعەلەت بئێر کە ناسراوە بە ڕامەی نەقەب.
ئەمە میراتی هۆزی نەوەی شیمۆن بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان. [٩]میراتەکەی نەوەی شیمۆن لە بەشەکەی نەوەی یەهودا بوو، چونکە بەشەکەی نەوەی یەهودا زۆر بوو بۆیان، لەبەر ئەوە نەوەی شیمۆن لەناو میراتەکەی یەهودا میراتیان بەرکەوت.

## بەشی هۆزی زەبولون

[١٠]تیروپشکی سێیەمیش بەگوێرەی خێڵەکانیان بۆ نەوەی زەبولون کرا:
سنووری میراتەکەیان هەتا سارید بوو. [١١]سنوورەکەیان بەرەو ڕۆژئاوا سەرکەوت بۆ مەرعەلا و گەیشتە دەباشەت و گەیشتە شیوەکەی نزیك بە یۆقنەعام. [١٢]ئینجا لە ساریدەوە بەلای ڕۆژهەڵات سووڕایەوە، ڕووەو خۆر هەڵاتن بەسەر سنووری کیسلۆت تاڤۆر و بەردەوام بوو بۆ داڤەرەت و سەرکەوت بۆ یافیع. [١٣]لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات پەڕییەوە، ڕووەو ڕۆژهەڵات بۆ گەت حێفەر، عیتا قاچین و چوو بۆ ڕیمۆن و درێژ بووەوە بۆ نێعا. [١٤]لەوێشەوە سنوورەکە بەلای باکووردا سووڕایەوە بۆ حەناتۆن و کۆتاییەکەشی لەلای دۆڵی یەفتەح ئێل بوو. [١٥]دوازدە شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە، لەوانە قەتات و نەهەلال و شیمرۆن و یەدەلا و بێتلەحم[a].
[١٦]ئەم شارۆچکانە لەگەڵ گوندەکانیان میراتی نەوەی زەبولون بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان.

## بەشی هۆزی یەساخار

[١٧]تیروپشکی چوارەمیش بۆ یەساخار بوو، بۆ نەوەی یەساخار بەگوێرەی خێڵەکانیان. [١٨]سنوورەکەشیان ئەمانە بوو:
یەزرەعیل و کەسولۆت و شونێم و [١٩]حەفارەیم و شیئۆن و ئەناحەرەت و [٢٠] ڕەبیت و قیشیۆن و ئەڤەچ و [٢١] ڕەمەت و کانی گەنیم و کانی حەدا و بێتپەچێچ بوو، [٢٢]هەروەها سنوورەکە گەیشتە تاڤۆر و شەحەچوما و بێتشەمەش و کۆتایی سنوورەکەیان لەلای ڕووباری ئوردون بوو، شازدە شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
[٢٣]ئەمە میراتی هۆزی نەوەی یەساخارە بەگوێرەی خێڵەکانیان، ئەم شارۆچکانە لەگەڵ گوندەکانیان.

## بەشی هۆزی ئاشێر

[٢٤]تیروپشکی پێنجەمیش بۆ هۆزی نەوەی ئاشێر بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان، [٢٥]سنوورەکەشیان ئەمانە بوو:

[a] ١٥ ئەم شوێنە جیاوازە لەگەڵ بێتلەحمی یەهودا کە دواتر داود و عیسا تێیدا لەدایك بوون.

حەلقەت و حەلی و بەتەن و ئەکشاف
و [٢٦]ئەلەمەلەخ و عەمعاد و میشال و لەلای
ڕۆژئاواشەوە گەیشتە کارمەل و شیحۆر
لیڤنات. [٢٧]ئینجا بەلای ڕۆژهەڵات گەڕایەوە بۆ
بێتداگۆن و گەیشتە زەبولون و دۆڵی ییفتەح
ئێل لە باکووری بێتعێمەق و نەعیێل و ئینجا
بەلای چەپی کاڤولدا تێپەڕی [٢٨]بۆ عەڤدۆن و
ڕەحۆڤ و حەمۆن و قانا و هەتا سەیدائی
مەزن. [٢٩]ئینجا سنوورەکە گەڕایەوە بەرەو
ڕامە و بۆ شاری سوری قەڵابەند، لەوێشەوە
سنوورەکە گەڕایەوە بۆ حۆسا و کۆتاییەکەشی
لەلای دەریای سپی ناوەڕاست[a] بوو لە ناوچەی
ئەکزیڤ، [٣٠]عوما و ئەفێق و ڕەحۆڤ، بیست و
دوو شارۆچکە بوون بە گوندەکانیانەوە.
[٣١]ئەم شارۆچکانە لەگەڵ گوندەکانیان میراتی هۆزی
نەوەی ئاشێر بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان.

## بەشی هۆزی نەفتالی

[٣٢]تیروپشکی شەشەمیش بۆ نەوەی نەفتالی بوو
بەگوێرەی خێڵەکانیان.
[٣٣]سنوورەکەشیان لە حێلەفەوە لە دار
بەڕووەکەوە بوو لەلای چەعەنەنیم و
ئەدامی نەقەڤ و یەڤنئێل و تاکو لەقووم و
کۆتاییەکەشی لەلای ڕووباری ئوردون بوو.
[٣٤]ئینجا سنوورەکە بەرەو خۆرئاوا گەڕایەوە بۆ
ئەزنۆت تاڤۆر و لەوێشەوە چوو بۆ حوقۆق و
گەیشتە زەبولون لەلای باشوورەوە و گەیشتە
ئاشێر لەلای ڕۆژئاواوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە
بۆ یەهودای ڕووباری ئوردون. [٣٥]شارە
قەڵابەندەکانیش، چیدیم و چێر و حەممەت
و ڕەقەت و کینارێت و [٣٦]ئەدامە و ڕامە
و حاچۆر و [٣٧]قەدەش و ئەدرەعی و کانی
حاچۆر و [٣٨]یەرئۆن و میگدەل ئێل و حۆرێم
و بێتعەنات و بێتشەمەش، نۆزدە شارۆچکە
بوون بە گوندەکانیانەوە.
[٣٩]ئەم شارۆچکانە لەگەڵ گوندەکانیان میراتی هۆزی
نەوەی نەفتالی بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان.

## بەشی هۆزی دان

[٤٠]تیروپشکی حەوتەمیش بۆ هۆزی نەوەی دان
بەگوێرەی خێڵەکانیان کرا، [٤١]جا هەرێمەکانی
میراتیان ئەمە بوو:
چۆرعا و ئەشتائۆل و عیر شەمەش و
[٤٢]شەعەلەبین و ئەیالۆن و یەتلا و [٤٣]ئێلۆن و
تیمنا و عەقرۆن و [٤٤]ئەلتەقێ و گیبەتۆن و
بەعەلات و [٤٥]یەهودییە و بەنێڤەرەق و گەت
ڕیمۆن و [٤٦]ئاوەکانی یەرقۆن و ڕەقۆن لەگەڵ
ئەو سنوورانەی بەرامبەر بە یافا بوو.
[٤٧]پاش ئەوەی نەوەی دان سنوورەکەیان لە
دەست چوو، جا نەوەی دان سەرکەوتن و لە دژی
لەشەم جەنگان و گرتیان و دایانە بەر زەبری شمشێر
و داگیریان کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون، ئینجا
لەشەمیان ناونا دان، لەسەر ناوی دانی باوباپیرانیان.
[٤٨]ئەم شارۆچکانە لەگەڵ گوندەکانیان میراتی هۆزی
نەوەی دان بوو بەگوێرەی خێڵەکانیان.

## بەشی یەشوع

[٤٩]پاش ئەوەی لە دابەشکردنی خاکەکە بوونەوە
بەپێی سنوورەکانی، نەوەی ئیسرائیل لەنێو خۆیاندا
میراتێکیان بە یەشوعی کوڕی نون دا. [٥٠]بەپێی
فەرمایشتی یەزدان، ئەو شارۆچکەیەیان پێیدا کە
داوای کرد، تیمنەت سەرەح[b] لە ناوچە شاخاوییەکانی
ئەفرایم، جا شارۆچکەکەی بنیاد نایەوە و تێیدا
نیشتەجێ بوو.
[٥١]ئەمە میراتەکانە کە ئەلعازاری کاهین و یەشوعی
کوڕی نون و سەرۆکەکانی باوکانی هۆزەکانی نەوەی
ئیسرائیل لە شیلۆدا لەبەردەم یەزدان لەلای دەروازەی

[a] ٢٩ لەلای دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری: لەلای دەریاوە، لێرە و لە ئایەتی ٨.

[b] ٥٠ تیمنەت سەرەح: هەروەها بە (تیمنەت حەرەس) ناسراوە. بڕوانە ڕابەران ٩:٢.

چادری چاوپێکەوتندا بە تیروپشك دابەشیان کرد و ئینجا لە دابەشکردنی خاکەکە بوونەوە.

## شارەکانی پەناگا

٢٠ ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: [٢]«بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ: ”شاری پەناگا بۆ خۆتان دابنێن، هەروەك لە ڕێگەی موساوە پێم فەرموون، [٣]هەتا ئەو کەسەی بەبێ ئەنقەست و بە ڕێککەوت کەسێکی دیکە دەکوژێت بۆ ئەوێ هەڵبێت، جا دەبێتە پەناگاتان لە دەست خوێنگری تۆڵەسێنەر.

[٤]«”با بۆ یەکێك لەو شارانە هەڵبێت و لە دەروازەی شارەکەدا بوەستێت و کێشەکەی بۆ پیرانی ئەو شارە بگێڕێتەوە و ئەوانیش لە شارەکەدا دەیگرنە خۆیان و شوێنێکی دەدەنێ، جا لەنێویاندا نیشتەجێ دەبێت. [٥]ئەگەر هاتوو خوێنگرەکەش[a] دوای کەوت، ئەوان تۆمەتبارکراوەکە نادەنە دەستیەوە، چونکە بە ڕێککەوت نزیکەکەی خۆی کوشتووە و پێشتر ڕقی لێی نەبووەتەوە. [٦]ئیتر لەو شارە نیشتەجێ دەبێت، هەتا بۆ بڕیاردان لەبەردەم ئەنجومەن دەوەستێت، هەتا مردنی سەرۆکی کاهین لەو سەردەمەدایە، ئینجا ئەو کەسە دەتوانێت بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی، بۆ ئەو شارۆچکەیەی لێی هەڵاتبوو.“»

[٧]جا قەدەشیان لە جەلیل لە ناوچە شاخاوییەکانی نەفتالی تەرخان کرد و شەخەمیش لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم و قیریەت ئەربەع کە حەبرۆنە لە ناوچە شاخاوییەکانی یەهودا. [٨]هەروەها لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردونیش لەلای ئەریحا، بەچەریان لە چۆڵەوانی لە دەشتە بەرزەکەی هۆزی ڕەئوبێن نیشان کرد و ڕامۆت لە گلعاد لە هۆزی گاد و گۆلان لە باشان لە هۆزی مەنەشە. [٩]ئەمانە شارەکانی پەناگان بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل و ئەو نامۆیەی لەنێویاندا دەژیێت، هەتا ئەوەی بەبێ ئەنقەست کەسێکی دیکەی کوشت بۆ ئەوێ هەڵبێت، جا بە دەستی خوێنگرە تۆڵەسێنەرەکە ناکوژرێت هەتا لەبەردەم ئەنجومەن نەوەستێت بۆ دادگاییکردنی.

## پێدانی چەند شارۆچکەیەك بە لێڤییەکان

٢١ ئەوە بوو گەورەی بنەماڵەکانی لێڤییەکان هاتنە لای ئەلعازاری کاهین و یەشوعی کوڕی نون و گەورەی بنەماڵەکانی هۆزەکانی دیکەی نەوەی ئیسرائیل، [٢]لە شیلۆ لە خاکی کەنعان لەگەڵیاندا دوان و گوتیان: «یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمانی داوە کە چەند شارۆچکەیەکمان پێبدرێت بۆ نیشتەجێبوون لەگەڵ لەوەڕگاکانیان بۆ ئاژەڵی ماڵیمان.» [٣]بەپێی فەرمانی یەزدان نەوەی ئیسرائیلیش لە میراتەکەی خۆیان ئەم شارۆچکانە و لەوەڕگایانەیان دایە لێڤییەکان:

[٤]جا تیروپشك بۆ خێڵەکانی قەهاتییەکان کرا، لێڤییەکان کە لە نەوەی هارونی کاهین بوون بە تیروپشك سێزدە شارۆچکەیان بەرکەوت لە هۆزی یەهودا و هۆزی شیمۆن و هۆزی بنیامین. [٥]بۆ پاشماوەی نەوەی قەهاتیش دە شارۆچکە بە تیروپشك لە خێڵەکانی هۆزی ئەفرایم و هۆزی دان و نیوەی هۆزی مەنەشەیان بەرکەوت.

[٦]بۆ نەوەی گێرشۆنیش سێزدە شارۆچکەیان بە تیروپشك بەرکەوت، لە خێڵەکانی هۆزی یەساخار و هۆزی ئاشێر و هۆزی نەفتالی و نیوەی هۆزی مەنەشە لە باشان.

[٧]بۆ نەوەی مەراریش بەگوێرەی خێڵەکانیان دوازدە شارۆچکەیان بەرکەوت، لە هۆزی ڕەئوبێن و گاد و زەبولون.

[٨]جا نەوەی ئیسرائیل بە تیروپشك ئەم شارۆچکە و لەوەڕگایانەیان بە لێڤییەکان دا، هەروەك یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمانی دابوو.

[٩]لە هۆزی نەوەی یەهودا و هۆزی نەوەی شیمۆن ئەم شارۆچکانەیان دا کە ئەمانە ناوەکانیان بوون، [١٠]جا ئەم شارۆچکانە بۆ نەوەی هارون

---

[a] ٥ خوێنگر: خوێنخوا، نزیکترین پلەی کۆمەڵایەتی کە مافی هەیە داوای تۆڵەی خوێنی بکات. بڕوانە پێشەکی پەڕتووکی ڕائووس.

دیاری کرا لە خێڵەکانی قەهاتییەکان لە نەوەی
لێڤی، چونکە تیروپشکی یەکەم بۆ ئەوان بوو:
١١ قیریەت ئەربەع باپیرە گەورەی عەناق کە
حەبرۆنە لە ناوچە شاخاوییەکانی یەهودا
لەگەڵ لەوەڕگاکانی دەوروبەری، ١٢ بەڵام
کێڵگەکان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکەیان
بە کالێبی کوڕی یەفونە دا وەك موڵکی خۆی.
١٣ بە نەوەی هارونی کاهین حەبرۆن و
لەوەڕگاکانیان دا، کە شارێکی پەناگای
تۆمەتبارکراوان بە کوشتن بوو، لەگەڵ
لیڤنا، ١٤ یەتیر، ئەشتەمۆع، ١٥ حۆلۆن، دەڤیر،
١٦ عەین، یوتا و بێتشەمەش، نۆ شارۆچکە بە
لەوەڕگاکانیانەوە لەم دوو هۆزە[a].
١٧ لە هۆزی بنیامینیش گبعۆن و گەڤەع و
١٨ عەناتۆت و عەلمۆن، چوار شارۆچکە بە
لەوەڕگاکانیانەوە.
١٩ هەموو شارۆچکەکانی نەوەی هارون کە
کاهینەکانن، سێزدە شارۆچکە بوون بە
لەوەڕگاکانیانەوە.

٢٠ پاشماوەی خێڵەکانی قەهات لە لێڤییەکان، بە
تیروپشك ئەم شارۆچکانەیان لە هۆزی ئەفرایم
بەرکەوت:
٢١ لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم شارۆچکەی
شەخەمیان پێدرا، کە شارێکی پەناگای
تۆمەتبارکراوان بوو بە کوشتن، لەگەڵ گەزەر و
٢٢ قیڤچەیم و بێتحۆرۆن، چوار شارۆچکە بە
لەوەڕگاکانیانەوە.
٢٣ لە هۆزی دانیش ئەمانەیان وەرگرت: ئەلتەقێ
و گیبەتۆن و ٢٤ ئەیالۆن و گەت ڕیمۆن، چوار
شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٢٥ لە نیوەی هۆزی مەنەشەش ئەمانەیان وەرگرت:
تەعنەك و گەت ڕیمۆن، دوو شارۆچکە بە
لەوەڕگاکانیانەوە.
٢٦ هەموو شارۆچکەکان دە بوون بە لەوەڕگاکانیانەوە
بۆ پاشماوەی خێڵەکانی نەوەی قەهات بوو.

٢٧ بۆ نەوەی گێرشۆنیش لە خێڵەکانی لێڤییەکان:
لە نیوەی هۆزی مەنەشەوە:
گۆلان و لەوەڕگاکانی پێدرا لە باشان، کە
شارێکی پەناگای تۆمەتبارکراوان بە کوشتن
بوو، لەگەڵ بەعەشتەرا و لەوەڕگاکانی، دوو
شارۆچکە.
٢٨ لە هۆزی نەوەی یەساخاریش ئەمانەیان
وەرگرت:
قیشیۆن و داڤەرەت و ٢٩ یەرموت و کانی
گەنیم، چوار شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٣٠ لە هۆزی نەوەی ئاشێریش ئەمانەیان وەرگرت:
میشال و عەڤدۆن و ٣١ حەلقەت و ڕەحۆڤ،
چوار شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٣٢ لە هۆزی نەفتالیش ئەمانەیان وەرگرت:
قەدەش، شاری پەناگای تۆمەتبارکراوان بە
کوشتن، لە جەلیل، لەگەڵ حەمۆت دۆر و
قەرتان، سێ شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٣٣ هەموو شارۆچکەکانی گێرشۆنییەکان بەگوێرەی
خێڵەکانیان، سێزدە شارۆچکە بوون بە
لەوەڕگاکانیانەوە.

٣٤ بۆ خێڵەکانی نەوەی مەراریش کە پاشماوەی
لێڤییەکانن:
لە هۆزی زەبولون ئەمانەیان پێدان:
یۆقنەعام و قەرتا و ٣٥ دیمنا و نەهەلال، چوار
شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٣٦ لە هۆزی ڕەئوبێنیش ئەمانەیان پێدان:
بەچەر و یەهەچ و ٣٧ قەدێمۆت و مێفەعەت،
چوار شارۆچکە بە لەوەڕگاکانیانەوە.
٣٨ لە هۆزی گادیش ئەمانەیان وەرگرت:
ڕامۆت، شاری پەناگای تۆمەتبارکراوان بە
کوشتن، لە گلعاد، لەگەڵ مەحەنەیم و
٣٩ حەشبۆن و یەعزێر، هەموو شارۆچکەکان بە
لەوەڕگاکانیانەوە چوار شارۆچکە بوون.

---
[a] ١٦ لەم دوو هۆزە: واتە یەهودا و شیمۆن، بڕوانە ئایەتی ٩.

٤٠جا هەموو ئەو شارۆچکانەی بۆ نەوەی مەراری بوون بەگوێرەی خێڵەکانیان، ئەوانەی لە خێڵەکانی لێڤییەکان مابوونەوە، تیروپشکەکەشیان دوازدە شارۆچکە بوو.
٤١هەموو شارۆچکەکانی لێڤییەکان لەناو ئەو موڵکەی نەوەی ئیسرائیل خاوەنی بوون، چل و هەشت شارۆچکە بوون بە لەوەڕگاکانیانەوە. ٤٢ئەم شارۆچکانەش شار بە شار بوون و لەوەڕگاکانیشیان بە چواردەوریاندا بوو، هەموو ئەم شارۆچکانە وابوون.

٤٣جا یەزدان هەموو ئەو زەوییەی دایە نەوەی ئیسرائیل کە سوێندی خواردبوو بیداتە باوباپیرانیان، ئەوانیش دەستیان بەسەردا گرت و تێیدا نیشتەجێ بوون. ٤٤هەروەها یەزدان لە دەوروبەرەکەیان ئاسوودەی کردن بەپێی ئەو سوێندەی بۆ باوباپیرانی ئەوانی خوارد، تەنها پیاوێکیش لە هەموو دوژمنەکانیان بەرامبەریان نەوەستا، بەڵکو یەزدان هەموو دوژمنەکانی ئەوانی دایە دەستیان. ٤٥هیچ بەڵێنێك لە هەموو ئەو بەڵێنە چاکانەی یەزدان بە بنەماڵەی ئیسرائیلی فەرمووبوو نەشکاوە، بەڵکو هەمووی هاتە دی.

## هۆزەکانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان

٢٢ ئینجا یەشوع ڕەئوبێنییەکان و گادییەکان و نیوە هۆزەکەی مەنەشەی بانگکرد و ٢پێی گوتن: «ئێوە هەموو ئەو شتانەی کە موسای بەندەی یەزدان فەرمانی پێ کردبوون پاراستتان و لە هەموو ئەو شتانەش کە فەرمانم پێکردن گوێڕایەڵم بوون و ٣بە درێژایی ئەو ڕۆژانە و هەتا ئەمڕۆش براکانی خۆتان بەجێ نەهێشت و بە وریاییەوە فەرمانی یەزدانی پەروەردگاری خۆتان بەجێهێنا. ٤ئێستاش کە یەزدانی پەروەردگارتان براکانی ئێوەی ئاسوودە کرد، هەروەك بەڵێنی پێدابوون، ئێستا بگەڕێنەوە ماڵەکانتان لەو خاکەی موڵکتانە، ئەوەی کە موسای بەندەی یەزدان لەوبەری ڕووباری ئوردون پێیدان.
٥بەڵام زۆر ئاگاداربن بۆ کارکردن بەو ڕاسپاردە و فێرکردنەی کە موسای بەندەی یەزدان فەرمانی پێ کردن، کە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێت و هەموو ڕێگاکانی بگرنەبەر و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و دەستی پێوە بگرن، پڕ بە دڵ و لە ناختانەوە بیپەرستن.»
٦ئینجا یەشوع داوای بەرەکەتی بۆ کردن و ئەوانی ناردەوە، ئەوانیش بەرەو نشینگەکانی خۆیان چوون. ٧پێشتر موسا لە باشان خاکی دابووە نیوە هۆزەکەی مەنەشە. یەشوعیش خاکی دابووە نیوەکەی دیکەی هۆزەکە لەگەڵ براکانیان لە بەری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردون.[a] هەروەها کە یەشوع ئەوانی ناردەوە بۆ لای نشینگەکانیان، داوای بەرەکەتی بۆ کردن و ٨پێی گوتن: «بە سامانێکی زۆرەوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان و بە گاوگۆتاڵێکی زۆر و بە زێڕ و زیو و بڕۆنز و ئاسن و جلوبەرگێکی زۆرەوە، دەستکەوتی دوژمنەکانتان لەگەڵ براکانتان بەش بکەن.»
٩ئینجا نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە گەڕانەوە، نەوەی ئیسرائیلیان لە شیلۆ لە خاکی کەنعان بەجێهێشت، بۆ ئەوەی بچنە خاکی گلعاد بۆ ئەو خاکەی موڵکی خۆیانە، ئەوەی دەستیان بەسەردا گرتبوو بەپێی فەرمانی یەزدان لە ڕێگەی موساوە.
١٠کاتێك هاتنە گەلیلۆت کە نزیك ڕووباری ئوردونە لەناو خاکی کەنعان، نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە لەوێ لەسەر ڕووباری ئوردون قوربانگایەکی گەورە و بەرچاویان بنیاد نا. ١١جا نەوەی ئیسرائیل بیستیان، ئەوەتا نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوە هۆزەکەی مەنەشە قوربانگایەکیان بەرامبەر خاکی کەنعان لە گەلیلۆتدا نزیك ڕووباری ئوردون بەرامبەر بە نەوەی ئیسرائیل بنیاد ناوە. ١٢جا کە نەوەی ئیسرائیل ئەمەی بیستەوە، هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە شیلۆ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بۆ جەنگ لە دژی هۆزەکانی ئەوبەری ڕووباری ئوردون بڕۆن.

[a] ٧ بڕوانە سەرژمێری ٣٢:٢٠-٣٣.

[١٣]ئینجا نەوەی ئیسرائیل بۆ نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە لە خاکی گلعاد، فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کاهین و [١٤]دە سەرۆکی لەگەڵ بوو، لە هەر هۆزێکی ئیسرائیل یەکێك، هەموویان گەورەی بنەماڵەکان بوون لەنێو تیرەکانی ئیسرائیل.

[١٥]ئینجا هاتنە لای نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە بۆ خاکی گلعاد و پێیان گوتن: [١٦]«هەموو کۆمەڵی یەزدان وا دەڵێن: "ئەم ناپاکییە چییە کە دەرهەق بە خودای ئیسرائیل کردتان، بەوەی کە ئەمڕۆ لە یەزدان هەڵگەڕاونەتەوە بە بنیادنانی قوربانگایەك بۆ خۆتان هەتا لە دژی یەزدان یاخی بن؟ [١٧]ئایا گوناهەکەی پەعۆر کەمە بۆمان؟ ئەوەی هەتا ئەمڕۆش لێی پاك نەبووینەتەوە و بووە هۆی دەرد لەناو کۆمەڵی یەزدان! [١٨]ئایا ئەمڕۆ ئێوەش لە یەزدان هەڵدەگەڕێنەوە؟

«"ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ لە یەزدان یاخی بن، ئەویش سبەینێ لە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل تووڕە دەبێت. [١٩]بەڵام ئەگەر خاکەکەی موڵکتان گڵاوە، بۆ خاکەکەی موڵکی یەزدان بپەڕنەوە کە چادری پەرستنی یەزدانی تێدایە و لەناو ئێمەدا میرات وەربگرن و لە یەزدان یاخی مەبن و لە دژی ئێمەش مەبن بە بنیادنانی قوربانگایەك بۆ خۆتان جیا لە قوربانگاکەی یەزدانی پەروەردگارمان. [٢٠]کاتێك عاخانی کوڕی زەرەح ناپاکی کرد لە شتە تەرخانکراوەکاندا[a]، ئایا تووڕەیی یەزدان بەسەر هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا نەباری؟ بەهۆی گوناهەکەیەوە تەنها خۆی لەناو نەچووا!"»[b]

[٢١]ئینجا نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نیوەی هۆزی مەنەشە وەڵامیان دایەوە و بە سەرۆك خێڵەکانی ئیسرائیلیان گوت: [٢٢]«خودای توانادار، یەزدانە! خودای توانادار، یەزدانە! ئەو دەزانێت و با ئیسرائیلیش بزانێت، ئەگەر ئەمە بە یاخیبوون و بە ناپاکی دەرهەق بە یەزدان کرابێت، ئەوا ئەمڕۆ ڕزگارمان مەکەن! [٢٣]ئەگەر ئێمە ئەو قوربانگایەمان بۆ خۆمان بە مەبەستی هەڵگەڕانەوە لە یەزدان یان سەرخستنی قوربانی سووتاندن یان پێشکەشکراوی دانەوێڵە و یان بۆ کردنی قوربانی هاوبەشی لەسەری بنیاد ناوە، ئەوا با یەزدان خۆی سزامان بدات.

[٢٤]«نەخێر! بەڵکو ئەم کارەمان بەهۆی ئەم ترسەوە کردووە کە گوتمان، لەوانەیە سبەینێ نەوەکانتان بە نەوەکانمان بڵێن: "ئێوە چ پەیوەندییەکتان بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلەوە هەیە؟ [٢٥]یەزدان ڕووباری ئوردونی کردووەتە سنووری نێوان ئێمە و ئێوە ئەی نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد! ئێوە هیچ بەشێکتان لە یەزداندا نییە." جا نەوەکانتان لەوانەیە نەوەکانمان بوەستێنن لە پەرستنی یەزدان.

[٢٦]«لەبەر ئەوە گوتمان: "ئێمە بۆ خۆمان دروستی دەکەین، قوربانگایەك بنیاد دەنێین بەڵام بۆ قوربانی سووتاندن و قوربانی سەربڕاو نا." [٢٧]بەڵکو لەپاش خۆمان ئەوە ببێتە شایەت لەنێوان ئێمە و ئێوە و نەوەکانمان، بۆ ئەوەی یەزدان لە پیرۆزگاکەی خۆی بپەرستین بە قوربانی سووتاندنەکانمان و سەربڕدراوەکانمان و قوربانییەکانی هاوبەشیمان و لە داهاتوودا نەوەکانتان بە نەوەکانمان نەڵێن: "ئێوە بەشتان لە یەزداندا نییە."

[٢٨]«هەروەها گوتمان: "کە لە داهاتوودا ئەمە بە خۆمان و نەوەکانمان دەڵێن، ئێمەش دەڵێین، بڕوانن هاوشێوەی قوربانگای یەزدان کە باوباپیرانمان کردوویانە، بەڵام بۆ قوربانی سووتاندن و سەربڕدراوەکان نییە، بەڵکو وەك شایەتە لەنێوان ئێمە و ئێوە."

[٢٩]«ئەوە لە ئێمە بەدوور بێت، کە لە یەزدان یاخی بین و ئەمڕۆ لە یەزدان هەڵگەڕێینەوە بە بنیادنانی قوربانگایەك بۆ قوربانی سووتاندن یان پێشکەشکراوی دانەوێڵە یان سەربڕاو، بێجگە لە قوربانگای یەزدانی پەروەردگارمان ئەوەی لەبەردەم چادرەکەی پەرستنیەتی.»

[a] ٢٠ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان. لە کاتی شەڕدا دەستکەوتەکە دابەش ناکرێت و بەخشینەکە دەرئەنجامەکەی لەناوبردنی تەواوە.

[b] ٢٠ بڕوانە بەشی ٧.

[٣٠]جا کاتێك فینەحاسی کاهین و ڕابەرەکانی کۆمەڵ، سەرۆك خێڵەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، گوێیان لە قسەکانی نەوەی ڕەئوبێن و گاد و مەنەشە بوو، قسەکانیان قبوڵ کردن. [٣١]ئینجا فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کاهین بە نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد و نەوەی مەنەشەی گوت: «ئەمڕۆ زانیمان کە یەزدان لەگەڵماندایە، چونکە ئەم ناپاکییەتان دەرهەق بە یەزدان نەکردووە، ئێستا ئێوە نەوەی ئیسرائیلتان لە دەست یەزدان دەرباز کردووە.»

[٣٢]ئینجا فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کاهین و سەرۆکەکان لەلای نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گادەوە لە خاکی گلعادەوە بۆ لای نەوەی ئیسرائیل لە خاکی کەنعاندا گەڕانەوە و هەواڵیان پێدان. [٣٣]جا نەوەی ئیسرائیلیش دڵخۆش بوون بەم هەواڵە و ستایشی خودایان کرد و بیریان لەوە نەکردەوە کە سەربکەون بۆیان بۆ جەنگ و بۆ تێکدانی ئەو خاکەی کە نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد تێیدا نیشتەجێن.

[٣٤]ئینجا نەوەی ڕەئوبێن و نەوەی گاد ناویان لە قوربانگاکە نا: «شایەتە لەنێوانمان کە یەزدان خودایە.»

## یەشوع ڕابەرەکان بە خودا دەسپێرێت

٢٣ پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر، لەدوای ئەوەی یەزدان ئیسرائیلی لە دوژمنەکانی دەوروبەریان حەساندەوە، یەشوع پیر بوو و بەساڵدا چوو، [٢]هەموو ئیسرائیلی بە پیر و ڕابەر و دادوەر و کوێخاکانیەوە بانگکرد و پێی گوتن: «ئەوا من پیر بووم، بەساڵدا چووم و [٣]ئێوەش هەموو ئەوەتان بینیوە کە یەزدانی پەروەردگارتان لەبەر ئێوە بە هەموو ئەو نەتەوانەی کرد، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لە جیاتی ئێوە جەنگا. [٤]ببینن، من خاکی ئەو نەتەوانەی کە ماونەتەوە بە تیروپشك بۆم دابەش کردوون بە میرات بەپێی هۆزەکانتان، هەموو ئەو نەتەوانەم بەزاندووە، لە ڕووباری ئوردونەوە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست[a] بەرەو ڕۆژئاوا. [٥]یەزدانی پەروەردگارتان خۆی لەبەردەمتان ڕایاندەماڵێت و لەپێشتان دەریاندەکات، ئێوەش دەست بەسەر خاکەکەیاندا دەگرن هەروەك یەزدانی پەروەردگارتان بەڵێنی پێدان.

[٦]«جا زۆر بەهێز بن بۆ پاراستن و کارکردن بە هەموو ئەوەی لە پەڕتووکی تەوراتی موسادا نووسراوە، تاکو نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپ لێی لا نەدەن، [٧]تاکو نەچنە ناو ئەو نەتەوانەوە، ئەوانەی لەگەڵتان ماونەتەوە ناوی خوداوەندەکانیان مەهێنن، سوێندیان پێ مەخۆن، مەیانپەرستن و کڕنۆشیان بۆ مەبەن. [٨]بەڵکو دەست بە یەزدانی پەروەردگارتانەوە بگرن هەروەك هەتا ئەمڕۆ کردووتانە.

[٩]«یەزدان نەتەوە مەزن و بەهێزەکانی لەبەردەمتان دەرکردووە و هەتا ئەمڕۆش کەس لەبەردەمتاندا خۆی ڕانەگرتووە. [١٠]یەك پیاو لە ئێوە هەزار دەردەپەڕێنێت، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان لە جیاتی ئێوە دەجەنگێت هەروەك بەڵێنی پێدان. [١١]جا زۆر ئاگاداری خۆتان بن کە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت.

[١٢]«بەڵام ئەگەر گەڕانەوە و هاوپەیمانییتی بەجێماوەکانی ئەو نەتەوانەوەتان کرد، ئەوانەی کە لەگەڵتان ماونەتەوە، ژن و ژنخوازیتان لەگەڵدا کردن و هەڵسوکەوتتان لەگەڵیان کرد، [١٣]ئەوا باش بزانن کە ئیتر یەزدانی پەروەردگارتان ئەو نەتەوانە لەبەردەمتان دەرناکات، بەڵکو دەبنە داو و تەڵە، قامچی لەسەر پشتتان و دڕك لەناو چاوتان، هەتا لەسەر ئەو خاکە چاکە لەناودەچن کە یەزدانی پەروەردگارتان پێیداون.

[١٤]«ئەوەتا خەریکە منیش ئەمڕۆ وەك هەموو دانیشتووانی زەوی کۆچی دوایی دەکەم، ئێوەش بە هەموو دڵ و بە هەموو دەروونتانەوە دەزانن کە تەنها یەك بەڵێن نەشکاوە لە هەموو ئەو بەڵێنە چاکانەی یەزدان دەربارەی ئێوە فەرمووبووی، هەمووی بۆتان هاتە دی، یەك بەڵێنی لێ نەشکاوە. [١٥]ئاواش دەبێت، هەروەك چۆن هەموو ئەو بەڵێنە چاکانەی یەزدانی پەروەردگارتان دەربارەی ئێوە بەڵێنی دابوو هاتە دی، بە هەمان شێوە یەزدان هەموو شتە خراپەکانتان

[a] ٤ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری دەریای مەزن.

بەسەردا دەهێنێت، هەتا لەسەر ئەم خاکە چاکەی
یەزدانی پەروەردگارتان پێیداون لەناوتان دەبات.
١٦ کاتێك پەیمانەکەی یەزدانی پەروەردگارتان دەشکێنن
کە فەرمانی پێ کردن، دەڕۆن و خودای دیکە
دەپەرستن و کڕنۆشی بۆ دەبەن، تووڕەیی یەزدان
بەسەرتاندا دەجۆشێت و بە زوویی لەسەر ئەو خاکە
چاکە لەناودەچن کە پێیداون.»

## تازەکردنەوەی پەیمانەکە لە شاری شەخەم

٢٤ ئینجا یەشوع هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلی
لە شەخەم کۆکردەوە و پیرانی ئیسرائیل
و ڕابەر و دادوەر و کوێخاکانی بانگکرد و ئەوانیش
لەبەردەم خودا وەستان.
٢ یەشوع بە هەموو گەلی گوت: «یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل وای فەرمووە: ”لە کۆنەوە
باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری فوراتەوە نیشتەجێ
بوون، تارەحی باوکی ئیبراهیم و باوکی ناحۆر خودای
دیکەیان دەپەرست. ٣ بەڵام من ئیبراهیمی باوکتانم
لەوبەری ڕووباری فورات برد و بەناو هەموو زەوی
کەنعاندا گێڕام، نەوەکانی ئەوم زۆر کرد و ئیسحاقم
دایێ، ٤ یاقوب و عیسۆشم دایە ئیسحاق، بەشە
میراتی ناوچە شاخاوییەکانی سێعیرم دایە عیسۆ،
بەڵام یاقوب و کوڕەکانی دابەزین بۆ میسر.
٥ «”لەدوای ئەوە موسا و هارونم نارد و خەڵکی
میسرم تووشی بەڵا کرد بەگوێرەی هەموو
ئەوەی لەناویدا کردم، ئینجا ئێوەم دەرهێنا، ٦ جا
باوباپیرانتانم لە میسر دەرهێنا و چوونە ناو دەریاوە
و میسرییەکانیش بە گالیسکە و ئەسپەوە بۆ دەریای
سوور دوای باوباپیرانتان کەوتن. ٧ جا کە هاواریان بۆ
یەزدان کرد، ئەویش تاریکاییەکی خستە نێوان ئێوە و
میسرییەکانەوە و دەریاکەی بەسەریاندا هێنایەوە و
دایپۆشین. ئێوە بە چاوی خۆتان بینیتان من لە میسر
چیم کرد. پاشان ئێوە لە چۆڵەوانیدا ڕۆژانێکی زۆر
مانەوە.
٨ «”ئینجا ئێوەم هێنایە ناو خاکی ئەمۆرییەکان،
ئەوانەی لەوبەری ڕووباری ئوردوندا بەلای ڕۆژهەڵاتدا
نیشتەجێ بوون و لە دژتان جەنگان و منیش ئەوانم دا
بەدەستتانەوە و دەستتان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و
لەبەردەمتان لەناوم بردن. ٩ ئینجا بالاقی کوڕی چیپوری
پاشای مۆئاب هەستا و لە دژی ئیسرائیل جەنگا و
بەلعامی کوڕی بەعۆری بانگکرد بۆ ئەوەی نەفرەتتان
لێ بکات، ١٠ بەڵام من ئامادە نەبووم گوێ لە بەلعام
بگرم، بۆیە ئەویش چەند جارێك داوای بەرەکەتی بۆ
کردن[a] و بەو شێوەیە لە دەستی دەربازم کردن.
١١ «”ئینجا لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە و هاتن
بۆ ئەریحا و خەڵکی ئەریحاش، ئەمۆرییەکان
و پریزییەکان و کەنعانییەکان و حیتییەکان و
گرگاشییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان لە
دژتان جەنگان و منیش ئەوانم دایە دەستتان
و ١٢ زەردەواڵەشم[b] لەپێشتانەوە نارد و هەردوو
پاشای ئەمۆرییەکانم لەبەردەمتان دەرکرد، نە بە
شمشێرەکەت و نە بە کەوانەکەت. ١٣ ئینجا زەوییەکم
پێدان کە پێوەی ماندوو نەبوون و چەند شارێك
کە بنیادتان نەناوە و تێیدا نیشتەجێن و ڕەزەمێو و
زەیتوونێکیش کە نەتانچاندووە و دەیخۆن.“
١٤ «ئێستاش لە یەزدان بترسن و بە تەواوی و
دڵسۆزییەوە بیپەرستن، ئەو خودایانەش لە خۆتان
دابماڵن کە باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری فورات
و لە میسر دەیانپەرست، یەزدان بپەرستن. ١٥ بەڵام
ئەگەر بەلاتانەوە خراپە یەزدان بپەرستن، ئەوا ئەمڕۆ
بۆ خۆتان هەڵبژێرن کێ دەپەرستن، ئەگەر ئەو
خوداوەندانە بن کە باوباپیرانتان لەوبەری ڕووباری
فورات دەیانپەرستن یان خوداوەندەکانی ئەمۆرییەکان
ئەوانەی ئێوە لەناو خاکەکەیاندا نیشتەجێن. بەڵام من
و بنەماڵەکەم یەزدان دەپەرستین.»
١٦ جا گەل وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «لە ئێمە
بەدوور بێت واز لە یەزدان بهێنین و خودایانی دیکە
بپەرستین، ١٧ چونکە یەزدانی پەروەردگارمان ئێمە و
باوباپیرانمانی لە خاکی میسر، لە خاکی کۆیلایەتییەوە

[a] ١٠ بڕوانە سەرژمێری بەشی ٢٣ و ٢٤.
[b] ١٢ دەکرێت هێمایەك بێت بۆ ئەو ترس و لەرزەی خودا خستییە دڵیانەوە. بڕوانە دەرچوون ٢٨:٢٣ و دواوتار ٢٠:٧.

هێنایە دەرەوە، کە ئەو هەموو نیشانە گەورانەی لەبەرچاوماندا کرد و لە هەموو ئەو ڕێگایەی پێیدا ڕۆیشتین و بەناو ئەو هەموو گەلانەی بەناویاندا تێپەڕ بووین پارێزگاری لێکردین. [١٨]هەروەها یەزدان هەموو ئەو گەلانە و لەنێویشیاندا ئەمورییەکانی نیشتەجێی خاکەکەی لەبەردەممان دەرکرد، لەبەر ئەوە ئێمە یەزدان دەپەرستین، چونکە ئەو خودامانە.»

[١٩]یەشوعیش بە گەلی گوت: «ئێوە ناتوانن یەزدان بپەرستن، چونکە ئەو خودایەکی پیرۆز و خودایەکی ئیرەدارە[a]، لە یاخیبوون و گوناهەکانتان خۆش نابێت. [٢٠]ئەگەر واز لە یەزدان بهێنن و خوداوەندی بێگانە بپەرستن، ئەوا دەگەڕێتەوە و خراپتان بەسەردەهێنێت و کۆتاییتان پێ دەهێنێت، پاش ئەوەی چاکەی لەگەڵتاندا کرد.»

[٢١]گەلیش بە یەشوعیان گوت: «نەخێر! بەڵکو یەزدان دەپەرستین.»

[٢٢]یەشوعیش پێی گوتن: «ئێوە شایەتن لەسەر خۆتان، کە ئێوە یەزدانتان بۆ خۆتان هەڵبژاردووە هەتا بیپەرستن.»

ئەوانیش گوتیان: «ئێمە شایەتین.»

[٢٣]«ئێنجا ئێستا ئەو خوداوەندە بێگانانەی لەنێوتاندان دابماڵن و دڵتان بەلای یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلدا بابدەنەوە.»

[٢٤]گەلیش بە یەشوعیان گوت: «یەزدانی پەروەردگارمان دەپەرستین و گوێڕایەڵی ئەو دەبین.»

[٢٥]ئینجا یەشوع لەو ڕۆژەدا پەیمانێکی لەگەڵ گەلدا بەست و لە شەخەمدا فەرز و یاسای بۆ دانان. [٢٦]یەشوع ئەم وشانەی لە پەڕتووکی تەوراتی خودا نووسی و بەردێکی گەورەی هێنا و لەژێر دار بەڕووەکەدا لەلای پیرۆزگاکەی یەزدانەوە چەقاندی.

[٢٧]یەشوع بە هەموو گەلی گوت: «سەیر بکەن! ئەم بەردە دەبێتە شایەت بەسەرمانەوە، چونکە گوێی لە هەموو وشەکانی یەزدان بوو کە پێی فەرمووین، جا دەبێتە شایەت بەسەرتانەوە نەوەك نکۆڵی لە خودای خۆتان بکەن.»

[٢٨]ئینجا یەشوع گەلی ڕەوانە کردەوە، هەرکەسە و بەرەو میراتەکەی خۆی.

## ناشتنی یەشوع

[٢٩]پاش ئەم شتانە یەشوعی کوڕی نونی بەندەی یەزدان لە تەمەنی سەد و دەساڵی مرد. [٣٠]لە سنووری میراتەکەی خۆی لە تیمنەت سەرەح کە لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایمە لە باکووری کێوی گاعەش ناشتیان.

[٣١]نەوەی ئیسرائیلیش بە درێژایی ژیانی یەشوع یەزدانیان پەرست و ئەو پیرانەی پاش ئەو ژیان، ئەوانەی کە ئەزموونیان لە هەموو ئەو کارانە هەبوو کە یەزدان بۆ ئیسرائیلی کردبوو.

[٣٢]ئێسکەکانی یوسفیش کە نەوەی ئیسرائیل لە میسرەوە هێنایانەوە، لە شەخەمدا ناشتیان لەناو ئەو پارچە کێڵگەیەی کە یاقوب لە نەوەی حەمۆری باوکی شەخەم بە سەد پارچە زیو کڕیبووی و بوو بە میرات بۆ نەوەی یوسف.

[٣٣]ئینجا ئەلعازاری کوڕی هارون مرد و لە گیڤعا ناشتیان، لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم بوو کە درابووە فینەحاسی کوڕی.

[a] ١٩ واتای حەسوود، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

# ڕابەران

**کورتە باسێك**

**پەڕتووکی ڕابەران مانەوەی ئیسرائیل لە ڕۆژانی تاریکی کەنعانییەکان دەخاتە ڕوو، کاتێك لەژێر دەسەڵاتی ڕابەران چوونە ژێر باڵی خودا.**

بە کاریگەری ئەوەی گەلی خودا چوونە ناو خاکی کەنعان، لەدوای مردنی یەشوعی کوڕی نون، کە شوێنگرەوەی موسا بوو، چەند پیاوێك ڕابەرایەتی گەلیان گرتە ئەستۆ کە پێیان دەگوترا ڕابەران، یان دڵسۆزان. ئەرکی سەرەکییان ئەرکی سەربازی بوو کە خاکەکەیان لە هێرشی دوژمنان دەپاراست و لە سنوورەکانیان وەدەریان دەنان، کاتێك ئیسرائیلییەکانیان ملکەچ دەکرد و دەیانچەوساندنەوە گەلیان لە دەسەڵاتی ئەوان ڕزگار دەکرد. لە ماوەی ئەو سەردەمەی مێژوو لە ژیانی گەلی ئیسرائیل وڵات تووشی چەند جەنگێکی یەك لەدوای یەکی بێگانەکان هات، گەلی ئیسرائیل پەنایان بۆ خودا دەبرد بۆ ئەوەی لە چنگی دوژمنەکانیان ڕزگاریان بکات، خوداش ڕابەرێکی هەڵدەستاندنەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات. لە دەقەکانی ئەم پەڕتووکە چەندین جار ئەو ڕووداوە دووبارە بووەتەوە. بە داخەوە گەل سەرباری ئەوەی تووشی سزا و ناخۆشی بوو نەیزانی کە سەرپێچی خودا ڕوو لە کارەساتە.

وانەی ئازاربەخشی ئەم پەڕتووکە ئەمەیە «کرێی گوناه مردنە،» *(نامەی ڕۆما ٢٣:٦)*. گوناه شێوەی جۆراوجۆری هەیە، جلی جۆراوجۆر دەپۆشێت، هەندێکیان درەوشاوەن و ڕازێنراوەن وەك گوناهەکانی پاشاکان، هەندێکیشیان وەحشیگەری و توندڕەوییە وەك ئەو گوناهانەی لە بەشەکانی کۆتایی ئەم پەڕتووکە تۆمارکراون، بەڵام هەمان ئەنجامیان هەیە. کاتێك هەرکەسە بە ویستی خۆی هەڵسوکەوت دەکات وێرانکاری و ئاژاوە دەکەوێتەوە *(ڕابەران ٢٥:٢١)*. بەڵام خودا لە سایەی دڵسۆزییەکەی، باوەڕداران ڕزگار دەکات کاتێك بە پەشیمانبوونەوەیەکی ڕاستگۆوە دەگەڕێنەوە لای.

## شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ پاشماوەی کەنعانییەکان

١ لەدوای مردنی یەشوع، نەوەی ئیسرائیل لە یەزدانیان پرسی و گوتیان: «کێ لە ئێمە یەکەم جار بچێت بۆ شەڕکردن لە دژی کەنعانییەکان؟»
٢ یەزدانیش وەڵامی دانەوە: «با هۆزی یەهودا بچن، من وا خاکەکەم خستووەتە ژێر دەستیان.»
٣ پیاوانی یەهوداش بە شیمۆنییەکانی برایانیان گوت: «لەو بەشە خاکەی لە تیروپشك بۆمان دەرچووە لەگەڵمان وەرن، با لە دژی کەنعانییەکان بجەنگین، ئینجا ئێمەش لەو بەشە خاکەی کە بۆتان دەرچووە لەگەڵتان دێین.» شیمۆنییەکانیش لەگەڵیان چوون.
٤ پیاوانی یەهودا چوون، یەزدانیش کەنعانی و پریزییەکانی خستە ژێر دەستیان، ئەوانیش لە بەزەق دە هەزار پیاویان لێ کوشتن.
٥ ئینجا لە بەزەق، ئەدۆنی بەزەقیان[a] دۆزییەوە و شەڕیان لە دژی کرد، کەنعانی و پریزییەکانیان شکاند.
٦ ئەدۆنی بەزەق هەڵات، بەڵام ئەوان بەدوای کەوتن و گرتیان، پەنجە گەورەی دەست و قاچیان بڕی.
٧ ئەدۆنی بەزەق گوتی: «حەفتا پاشا کە پەنجە گەورەی دەست و قاچیان بڕابوو لەژێر مێزی نانخواردنەکەم بەرماوەیان هەڵدەگرتەوە، ئەوەی کردبووم خودا پێی کردمەوە.» ئینجا هێنایانە ئۆرشەلیم و لەوێ مرد.
٨ کوڕانی یەهودا هێرشیان بردە سەر ئۆرشەلیم و گرتیان، خەڵکەکەیان بە شمشێر کوشت و ئاگریان لە شارەکە بەردا.
٩ لەدوای ئەوە کوڕانی یەهودا بەرەو خوارەوە

[a] ٥ واتە میری بەزەق.

چوون بۆ شەڕکردن لە دژی کەنعانییەکانی ناوچە شاخاوییەکان و ئەوانەی نەقەب و ئەوانەی لە زوورگەکانی[a] خۆرئاوا نیشتەجێ بوون. [١٠] ئینجا کوڕانی یەهودا بەرەو کەنعانییەکانی دانیشتووی حەبرۆن چوون و شێشەی و ئەحیمەن و تەلمەییان بەزاند. حەبرۆن پێشتر ناوی قیریەت ئەربەع بوو.

[١١] لەوێشەوە بۆ هێرشکردنە سەر دانیشتووانی دەڤیر پێشڕەوییان کرد، دەڤیر پێشتر ناوی قیریەت سێفەر بوو. [١٢] ئینجا کالێب گوتی: «ئەوەی پەلاماری قیریەت سێفەر بدات و بیگرێت، عەکسای کچمی دەدەمێ ببێتە ژنی.» [١٣] ئیتر عۆسنیێلی کوڕی[b] قەنەزی برای کالێب کە لەو بچووکتر بوو، قیریەت سێفەری گرت. کالێبیش عەکسای کچی دایێ بۆ ئەوەی ببێتە ژنی.

[١٤] ئینجا لە کاتی هاتنی بۆ لای عۆسنیێل، عەکسا هانی دا بۆ ئەوەی داوای کێڵگەیەك لە باوکی بکات. کاتێك عەکسا لە گوێدرێژەکە دابەزی، کالێب لێی پرسی: «چیت بۆ بکەم؟»

[١٥] ئەویش پێی گوت: «بەرەکەتێکم بدەرێ، لەبەر ئەوەی لە نەقەب زەویت پێداوم، سەرچاوەکانی ئاوم بدەرێ.» کالێبیش کانیاوەکانی سەروو و خوارووی پێدا.

[١٦] نەوەی خەزووری موسا، ئەوەی کە قێنی بوو[c]، لە شاری دار خورما[d] لەگەڵ کوڕانی یەهودا چوونە چۆڵەوانی یەهودا لە نەقەب لە نزیکی عەراد، چوون و لەگەڵ گەلەکە[e] نیشتەجێ بوون.

[١٧] پیاوەکانی یەهودا لەگەڵ شیمۆنییەکانی برایان چوون و کەنعانییەکانی دانیشتووی چەفەتیان بەزاند، بە تەواوی وێرانیان کرد[f]، لەبەر ئەوە ناویان لە شارەکە نا حۆرما[g]. [١٨] کوڕانی یەهودا دەستیان گرت بەسەر غەزە و ئەسقەلان و عەقرۆن و سنوورەکانیان.

[١٩] یەزدانیش لەگەڵ کوڕانی یەهودا بوو، جا ناوچە شاخاوییەکە بووە موڵکیان، بەڵام نەیانتوانی دانیشتووانی دەشتاییەکان دەربکەن، چونکە گالیسکەی ئاسنینیان هەبوو. [٢٠] هەروەك موسا بەڵێنی دابوو[h]، حەبرۆنیان دایە کالێب، ئەویش هەر سێ خێڵی نەوەی عەناقی لەوێ دەرکرد. [٢١] بەڵام هۆزی بنیامینیش یەبوسییەکانی دانیشتووی ئۆرشەلیمیان دەرنەکرد، ئیتر یەبوسییەکان لەگەڵ نەوەی بنیامین لە ئۆرشەلیم ژیان، هەتا ئەمڕۆش.

[٢٢] هەروەها بنەماڵەی یوسف هێرشیان بردە سەر بێتئێل و یەزدانیش لەگەڵیان بوو. [٢٣] کاتێك ماڵی یوسف سیخوڕیان نارد بۆ بێتئێل، کە پێشتر شارەکە ناوی لوز بوو، [٢٤] سیخوڕەکان پیاوێکیان بینی لە شارەکە هاتبووە دەرەوە، پێیان گوت: «دەروازەی شارەکەمان پیشان بدە، ئێمەش لەگەڵت باش دەبین.» [٢٥] ئەویش دەروازەی شارەکەی پیشاندان، ئەوانیش شارەکەیان دایە بەر زەبری شمشێر، بەڵام پیاوەکە و هەموو تیرەکەی ئەویان بەڕەڵا کرد. [٢٦] پیاوەکەش چوو بۆ خاکی حیتییەکان و شارێکی دروستکرد و ناوی لێنا لوز، هەتا ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی.

[٢٧] بەڵام مەنەشە ئەم خەڵکانەی لەگەڵ دانیشتووانی دەوروبەریان دەرنەکرد: خەڵکی بێتشان و تەعنەك و دۆر و یەڤلەعام و مەگیدۆ، چونکە کەنعانییەکان سوور بوون لەسەر نیشتەجێبوون لەو خاکە. [٢٨] کاتێك ئیسرائیلییەکان بەهێز بوون، کەنعانییەکانیان خستە ژێر کاری بێگاری، بەڵام بە تەواوی دەریاننەکردن. [٢٩] ئەفرایمییەکانیش ئەو کەنعانیانەیان دەرنەکرد کە

---

[a] ٩ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەك بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

[b] ١٣ واتە عۆسنیێل برازای کالێب بوو، بڕوانە ٩:٣.

[c] ١٦ خەزووری موسا ناوی (یەترۆ) بوو، هەروەها (ڕەعوئێل) یشی پێ دەگوترا. دەشێت ڕەعوئێل ناوی خێڵی یەترۆ بووبێت. بڕوانە دەرچوون ١:٣ و ١٨:٢ و سەرژمێری ٢٩:١٠.

[d] ١٦ مەبەستی لە شاری ئەریحایە، لێرە و لە ١٣:٣.

[e] ١٦ دەشێت بەشێکی گەورە لە گەلەکە عەمالێقییەکان بووبن. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٦:١٥.

[f] ١٧ بە تەواوی وێرانیان کرد: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[g] ١٧ حۆرما واتە وێرانکردن.

[h] ٢٠ بڕوانە یەشوع ٩:١٤.

دانیشتووی گەزەر بوون، بەڵکو کەنعانییەکان لە
گەزەر لەنێویان نیشتەجێ بوون. ٣٠زەبولونییەکانیش
دانیشتووانی قیترۆن و دانیشتووانی نەهەلۆلیان
دەرنەکرد، جا کەنعانییەکان لەنێویان نیشتەجێ
بوون و لەژێر کاری بێگاریدا بوون. ٣١ئاشێرییەکانیش
دانیشتووانی عەکۆیان دەرنەکرد، هەروەها
دانیشتووانی سەیدا و ئەحلاڤ و ئەکزیڤ و حەلبا
و ئەفیق و ڕەحۆڤیش. ٣٢ئیتر ئاشێرییەکان لەنێو
کەنعانییەکانی دانیشتووی خاکەکە نیشتەجێ بوون،
چونکە دەریاننەکردن. ٣٣نەفتالییەکانیش دانیشتووانی
بێتشەمەش و دانیشتووانی بێتعەناتیان دەرنەکرد،
بەڵکو لەنێو کەنعانییەکانی دانیشتووی خاکەکە
نیشتەجێ بوون، ئیتر دانیشتووانی بێتشەمەش
و بێتعەنات لەژێر کاری بێگاری بوون بۆیان.
٣٤ئەمورییەکانیش نەوەی دانیان لە ناوچەی شاخاوی
گەمارۆ دا، چونکە نەیانهێشت دابەزن بۆ دۆڵەکە.
٣٥ئەمورییەکانیش سوور بوون لەسەر نیشتەجێبوون
لە کێوی حەرەس و لە ئەیالۆن و لە شەعەلڤیم،
بەڵام کاتێک دەسەڵاتی بنەماڵەی یوسف بەهێز
بوو، ئەوانیش بێگارییان پێ کردن. ٣٦سنووری
ئەمورییەکانیش لە هەورازی دووپشک لە سەلەعەوە
و بەرەو ژوور دەچوو.

## فریشتەی یەزدان لە بۆخیم

٢ ئینجا فریشتەی یەزدان لە گلگالەوە چوو بۆ
بۆخیم و فەرمووی: «لە میسرەوە دەرمهێنان
و ئێوەم هێنا بۆ ئەو خاکەی سوێندم بۆ باوباپیرانتان
خوارد و فەرمووم: ”هەرگیز پەیمانی خۆم لەگەڵتان
ناشکێنم. ٢ئێوەش لەگەڵ خەڵکی ئەم خاکە پەیمان
مەبەستن و قوربانگاکانیان بڕووخێنن.“ بەڵام
گوێڕایەڵی فەرمانم نەبوون، ئایا بۆچی ئەمەتان
کرد؟ ٣لەبەر ئەوە ئێستا پێتان دەڵێم: لەبەردەمتان
دەریانناکەم، بەڵکو دەبن بە دڕک لە کەلەکەتان و
خوداوەندەکانیان دەبن بە تەڵە و داو بۆتان.»
٤کاتێک فریشتەی یەزدان ئەم قسانەی بە هەموو
نەوەی ئیسرائیل فەرموو، گەل بە دەنگی بەرز
گریان. ٥بۆیە ئەو شوێنەیان ناونا بۆخیم[a] و لەوێ
قوربانییان بۆ یەزدان سەربڕی.

## یاخیبوون و بەزین

٦یەشوعیش گەلەکەی ڕەوانە کرد، ئیتر نەوەی
ئیسرائیل هەریەکەیان چووە لای میراتەکەی خۆی بۆ
ئەوەی دەست بەسەر زەوییەکەدا بگرێت. ٧گەلیش
بە درێژایی سەردەمی یەشوع یەزدانیان دەپەرست،
هەروەها بە درێژایی سەردەمی پیران کە لەدوای
یەشوع تەمەنیان درێژەی کێشا، ئەوانەی کە هەموو
ئەو کارانەیان بینی کە یەزدانی مەزن کردی بۆ
ئیسرائیل.
٨یەشوعی کوڕی نونی بەندەی یەزدانیش
لە تەمەنی سەد و دە ساڵیدا مرد. ٩لە سنووری
میراتەکەی لە تیمنەت حەرەس[b] لە ناوچە
شاخاوییەکانی ئەفرایم لە باکووری کێوی گاعەش
ناشتیان.
١٠هەموو ئەو نەوەیەش چوونە پاڵ باوکانیان،
نەوەیەکی دیکە لەدوای ئەوان هاتن نە یەزدانیان
دەناسی و نە ئەو کارانەیان دەناسی کە بۆ ئیسرائیلی
کردبوو. ١١ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان
خراپەکارییان کرد و بەعلەکانیان پەرست[c]. ١٢وازیان
لە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان هێنا، ئەوەی
کە لە خاکی میسر دەریهێنان و دوای خودای دیکە
کەوتن لە خوداوەندەکانی گەلانی دەوروبەریان و
کڕنۆشیان بۆ بردن. یەزدانیان پەست کرد، ١٣چونکە
وازیان لێ هێنا و بەعل و عەشتۆرەتەکانیان پەرست.
١٤تووڕەیی یەزدان لە نەوەی ئیسرائیل هاتە جۆش،
بۆیە ئەوانی دایە دەست تاڵانکەران تاڵانیان بکەن
و ڕادەستی دوژمنەکانی دەوروبەریانی کردن، ئیتر
نەیانتوانی بەرامبەر بە دوژمنەکانیان بوەستن. ١٥بۆ
هەر جەنگێک دەچوون یەزدان دژایەتی دەکردن بۆ

---

[a] ٥ بۆخیم واتە گرینۆک.

[b] ٩ تیمنەت حەرەس: کە تیمنەت سەرەح. بڕوانە یەشوع ١٩:٥٠ و ٢٤:٣٠.

[c] ١١ بڕوانە سەرژمێری ٢٥:٣-٥.

بەزاندنیان، هەروەك یەزدان فەرمووی و سوێندی بۆ خواردن.[a] ئیتر ئەمە زۆر تەنگی پێ هەڵچنین.

[١٦]ئینجا یەزدان ڕابەری بۆ هەڵدەستاندنەوە و لە دەستی تاڵانکەرانیان ڕزگاریان دەکردن. [١٧]تەنانەت گوێیان لە ڕابەرەکانیان نەگرت، بەڵکو لەشفرۆشییان[b] کرد بەوەی دوای خودایانی دیکە کەوتن و کڕنۆشیان بۆ بردن. بە خێرایی لەو ڕێیەی باوکانیان لەسەری دەڕۆیشتن لایاندا و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدان نەبوون. [١٨]هەر جارێك یەزدان ڕابەری[c] بۆ هەستاندبانایەوە، یەزدان لەگەڵ ڕابەرەکە دەبوو، بە درێژایی ژیانی ڕابەرەکە لە دەستی دوژمنانیان ڕزگاری دەکردن، چونکە دڵی یەزدان پێیان سووتا لەبەر ناڵەیان بەهۆی ئەوانەی تەنگیان پێ هەڵچنین و دەیانچەوساندنەوە. [١٩]بەڵام کاتێك ڕابەرەکە دەمرد دەگەڕانەوە و لە باوکانیان زیاتر کاری قێزەونیان دەکرد، بەوەی دوای خودای دیکە دەکەوتن بۆ ئەوەی بیانپەرستن و کڕنۆشیان بۆ ببەن، وازیان لە نەریتە خراپەکانیان و ڕەفتارە کەللەڕەقەکانیان نەدەهێنا.

[٢٠]لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدان بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا و فەرمووی: «چونکە ئەم گەلە لەو پەیمانەی فەرمانم دا بە باوکانیان شکاندیان و گوێیان لە دەنگم نەگرت، [٢١]هەروەها منیش ئیتر هیچ کەسێك لەبەردەمیان دەرناکەم، لەو نەتەوانەی کە یەشوع لە کاتی مردنیدا بەجێی هێشتن. [٢٢]بۆ ئەوەی ئیسرائیلیان پێ تاقی بکەمەوە: ئایا وەك باوکانیان ڕێچکەی یەزدان دەگرنەبەر و پەیڕەوی دەکەن، یان نا.» [٢٣]ئیتر یەزدان وازی لەو نەتەوانە هێنا و بە خێرایی دەرینەکردن و نەیخستنە ژێر دەستی یەشوعەوە.

٣ ئەوانە ئەو نەتەوانەن کە یەزدان بەجێی هێشتن، بۆ ئەوەی ئیسرائیلیان پێ تاقی بکاتەوە، هەموو ئەو ئیسرائیلییانەی کە شارەزاییان نەبوو دەربارەی هیچ کامێك لە جەنگەکانی کەنعان، [٢]جا ئەوەی تەنها بۆ فێرکردنی نەوەی ئیسرائیل کرد بۆ جەنگ، ئەوانەی کە پێشتر شارەزاییان لە جەنگ نەبوو، [٣]پێنج حوکمڕانەکەی فەلەستییەکان و هەموو کەنعانی و سەیدائی و حیڤییەکانی دانیشتووی زنجیرە چیای لوبنان، لە چیای بەعلحەرمۆنەوە هەتا دەروازەی حەمات. [٤]ئەمانە بۆ تاقیکردنەوەی ئیسرائیل بوون، بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدان دەبن، ئەوانەی لە ڕێگەی موساوە فەرمانی بە باوباپیرانیان دابوو.

[٥]ئیتر کوڕانی ئیسرائیل لەنێو کەنعانی و حیتی و ئەموری و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکاندا نیشتەجێ بوون. [٦]کچەکانیان هێنان وەك ژن بۆ خۆیان و کچەکانی خۆشیان دا بە کوڕەکانی ئەوان و خوداوەندەکانی ئەوانیان پەرست.

## عۆسنیێل

[٧]جا نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان خراپەکارییان کرد و یەزدانی پەروەردگاری خۆیان لەبیر چووەوە و بەعلەکان و ئەشێراکانیان پەرست. [٨]تووڕەیی یەزدان بەسەر نەوەی ئیسرائیلدا جۆشا، لەبەر ئەوە ڕادەستی کوشەن ڕیشعاتەیمی[d] پاشای میسۆپۆتامیای[e] کردن. ئیتر نەوەی ئیسرائیل هەشت ساڵ ژێردەستەی کوشەن ڕیشعاتەیم بوون. [٩]ئینجا نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان کرد و یەزدانیش ڕزگارکەرێکی بۆیان هەستاندەوە و ڕزگاری کردن، ئەویش عۆسنیێلی کوڕی قەنەزی برای کالێب ئەوەی لەو بچووکتر بوو. [١٠]ڕۆحی یەزدان هاتە

[a] ١٥ بڕوانە لێڤییەکان ٢٦:١٤-١٧.

[b] ١٧ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت بەرامبەر بە ژنەکەی.

[c] ١٨ ئەم ڕابەرانە کاری جیاوازیان پێ سپێردراوە و لە هەمان کاتدا دادوەرایەتییان بۆ گەلی ئیسرائیل کردووە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٣٢-٣٣.

[d] ٨ ڕیشعاتەیم واتە دوو ئەوەندە بەدکار.

[e] ٨ میسۆپۆتامیا: عیبری (ئارامی دوو ڕووبار) بە واتای وڵاتی ئارام کە دەکەوێتە نێوان دجلە و فورات.

سەری و ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد. چوو بۆ جەنگ و یەزدانیش کوشەن ڕیشعاتەیمی پاشای ئارامی خستە ژێر دەستیەوە و بەسەر کوشەن ڕیشعاتەیمدا باڵادەست بوو. [١١]چل ساڵ خاکەکە لە ئاشتیدا بوو، ئینجا عۆسنیێلی کوڕی قەنەز مرد.

## ئێهود

[١٢]دیسان نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان گەڕانەوە بۆ خراپەکاری، لەبەر ئەوە عەگلۆنی پاشای مۆئابی زاڵ کرد بەسەر ئیسرائیل، چونکە لەبەرچاوی یەزدان بەدکارییان کرد. [١٣]جا عەگلۆن عەمۆنی و عەمالێقییەکانی لە خۆی کۆکردەوە، چوو و ئیسرائیلی بەزاند، دەستی بەسەر شاری دار خورمادا گرت. [١٤]ئیتر نەوەی ئیسرائیل هەژدە ساڵ ژێردەستەی عەگلۆنی پاشای مۆئاب بوون.

[١٥]ئینجا نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان کرد و یەزدانیش ڕزگارکەرێکی بۆیان هەستاندەوە، ئێهودی کوڕی گێرای بنیامینی، پیاوێکی چەپلەر[a] بوو. نەوەی ئیسرائیلیش سەرانەیان بە دەستی ئەودا نارد بۆ عەگلۆنی پاشای مۆئاب. [١٦]ئێهود شمشێرێکی دوو دەمی بۆ خۆی دروستکرد کە درێژییەکەی باڵێك[b] بوو، لەژێر جلەکانییەوە لەسەر ڕانی ڕاستی لە خۆی بەست. [١٧]سەرانەکەی بۆ عەگلۆنی پاشای مۆئاب هێنا، عەگلۆنیش پیاوێکی زۆر قەڵەو بوو. [١٨]کاتێك ئێهود لە ڕادەستکردنی سەرانەکەی بووەوە، هەڵگرانی سەرانەکەی ڕەوانە کرد. [١٩]بەڵام ئەو لەلای بتەکانی گلگالەوە گەڕایەوە و گوتی: «ئەی پاشا، پەیامێکی نهێنیم پێیە بۆت.»

ئەویش گوتی: «بێدەنگ بن!» ئینجا هەموو ئەوانەی لەلای وەستا بوون چوونە دەرەوە.

[٢٠]ئیتر ئێهود هاتە ژوورەوە بۆ لای بۆ ژوورە فێنکەکەی سەرەوە کە لێی دانیشتبوو و بە تەنها هی خۆی بوو، ئێهود گوتی: «پەیامی خودام لەلایە بۆ تۆ.» ئەویش لەسەر کورسییەکە هەستا. [٢١]ئێهودیش دەستی چەپی درێژکرد و شمشێرەکەی لە ڕانی ڕاستی کردەوە و کردی بە ورگی دا. [٢٢]دەسکەکەشی لەدوای تیخەکە چووە ناوەوە و تیخەکە لە پشتی دەرچوو. ئێهود شمشێرەکەی لە ورگی ڕانەکێشایەوە، پیوەکەی[c] هاتەوە سەر شمشێرەکە و پیساییەکەی هاتە دەرەوە. [٢٣]ئینجا ئێهود چووە دەرەوە بۆ هەیوانەکە، دەرگاکانی سەرەوەی بەدوای خۆیدا داخست و کلیلی دان.

[٢٤]لەدوای ئەوەی ڕۆیشت، خزمەتکارەکان هاتن و سەیریان کرد بینییان دەرگاکانی ژوورەکەی سەرەوە داخراوە، گوتیان: «بێگومان لە ژوورە فێنکەکە لە ئاودەستە.» [٢٥]ئیتر چاوەڕێیان کرد هەتا نیگەران بوون. کاتێك بینییان دەرگاکانی سەرەوە ناکاتەوە، بۆیە دەستیان دایە کلیلەکە و کردیانەوە، بینییان گەورەکەیان لەسەر زەوی بە مردوویەتی کەوتووە.

[٢٦]بەڵام کاتێك ئەوان لە چاوەڕوانی بوون ئێهود دەرباز بوو، بەلای بتەکانیاندا تێپەڕی و دەرباز بوو بۆ سێعیرا. [٢٧]کاتێك هات لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم کەڕەنای لێدا و کوڕانی ئیسرائیل لەگەڵی لە چیاکە هاتنە خوارەوە و ئەو لەپێشیانەوە بوو.

[٢٨]پێی گوتن: «دوام بکەون، چونکە یەزدان دوژمنە مۆئابییەکانی ئێوەی خستە ژێر دەستتان.» ئەوانیش بەدوایدا هاتنە خوارەوە و تەنکاییەکانی ڕووباری ئوردونیان گرت کە دەچووە مۆئاب و نەیانهێشت کەس تێیپەڕێت. [٢٩]لەو کاتەدا لە مۆئاب نزیکەی دە هەزار پیاویان کوشت، لە هەموو پاڵەوانێکی کەڵەگەت، کەس دەرباز نەبوو. [٣٠]مۆئابییەکان لەو ڕۆژەدا ژێردەستەی ئیسرائیل بوون، خاکەکەش هەشتا ساڵ لە ئاشتیدا بوو.

## شەمگەر

[٣١]لەدوای ئێهود شەمگەری کوڕی عەنات بوو، کە شەش سەد پیاوی لە فەلەستییەکان بە گۆچانی گاوانی کوشت، هەروەها ئەویش ئیسرائیلی ڕزگار کرد.

---

[a] ١٥ چەپلەر: چۆپان، ئەوەی کار بە دەستی چەپ دەکات.
[b] ١٦ نزیکی نیو مەتر.
[c] ٢٢ پیوەکە: واتە بەزەکە.

## دەڤۆرا

٤ لەدوای مردنی ئێهود نەوەی ئیسرائیل
لەبەرچاوی یەزدان گەڕانەوە بۆ خراپەکاری،
٢یەزدانیش ڕادەستی یاڤینی پاشای کەنعانی کردن،
ئەوەی لە حاچۆر فەرمانڕەوا بوو. سیسرا فەرماندەی
گشتی سوپاکەی بوو کە لە حەرۆشەت هەگۆیم
دەژیا. ٣لەبەر ئەوەی نۆ سەد گالیسکەی ئاسنی
هەبوو، بۆ ماوەی بیست ساڵ بە توندی ستەمی لە
نەوەی ئیسرائیل دەکرد، هەر بۆیە نەوەی ئیسرائیل
هاواریان کرد بۆ یەزدان.

٤دەڤۆراش پێغەمبەرێکی ژن بوو، ژنی لەپیدۆت
بوو کە لەو کاتەدا ڕابەرایەتی ئیسرائیلی دەکرد. ٥بۆ
دادپرسی لەژێر دار خورمای دەڤۆرا دادەنیشت کە
لەنێوان ڕامە و بێتئێل لە ناوچە شاخاوییەکانی
ئەفرایم بوو، نەوەی ئیسرائیل بۆ دادگەری دەهاتنە
لای. ٦ناردی بەدوای باراکی کوڕی ئەڤینۆعەم کە
لە قەدەشی نەفتالی بوو، پێی گوت: «ئایا یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل فەرمانی پێ نەکردوویت:
“بەرەو پێش بڕۆ بۆ کێوی تاڤۆر؟ دە هەزار پیاو
لە نەوەی نەفتالی و زەبولون لەگەڵ خۆت ببە.
٧ئیتر سیسرای فەرماندەی گشتی لەشکری یاڤین
و گالیسکە و لەشکرەکەی بەرەو ڕووباری قیشۆن
دەبەم و دەیخەمە ژێر دەستتەوە.”»

٨باراکیش پێی گوت: «ئەگەر لەگەڵم بێیت دەچم،
بەڵام ئەگەر لەگەڵم نەیێیت ئەوا ناچم.»

٩دەڤۆراش گوتی: «بێگومان لەگەڵت دێم، بەڵام
ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیت بۆت نابێتە مایەی
شانازی، چونکە یەزدان سیسرا دەداتە دەستی ژنێك.»
ئیتر دەڤۆرا هەستا و لەگەڵ باراك چوو بۆ قەدەش،
١٠لەوێ باراك زەبولونی و نەفتالییەکانی بانگکرد. دە
هەزار پیاو دوای کەوتن، هەروەها دەڤۆراش لەگەڵی
چوو.

١١حەڤەری قێنی خۆی لە قێنییەکان جیا
کردبووەوە کە نەوەی حۆڤاڤ بوون، کە حۆڤاڤ ژن
برای[a] موسا بوو، چادرەکەی لەلای دار بەڕوویێکی
گەورە لە چەعەنەنیم نزیکی قەدەش هەڵدابوو.
١٢ئەوە بوو بە سیسرایان گوت کە باراکی کوڕی
ئەڤینۆعەم سەرکەوتووە بۆ کێوی تاڤۆر. ١٣سیسراش
هەموو گالیسکەکانی واتە نۆ سەد گالیسکەی
ئاسن و هەموو ئەو پیاوانەی کە لەگەڵیدا بوون
لە حەرۆشەت هەگۆیمەوە هەتا ڕووباری قیشۆن
کۆکردەوە.

١٤دەڤۆرا بە باراکی گوت: «هەستە، چونکە ئەمە
ئەو ڕۆژەیە کە یەزدان سیسرای تێیدا خستووەتە
ژێر دەستت. ئایا یەزدان پێشت نەکەوتووە؟» ئیتر
باراکیش لە کێوی تاڤۆرەوە هاتە خوارەوە و دە
هەزار پیاویش بەدوایەوە. ١٥یەزدانیش لەبەردەمی
باراك بە زەبری شمشێر سەری لە سیسرا و هەموو
گالیسکەکان و هەموو لەشکرەکەی شێواند، ئینجا
سیسرا لە گالیسکەکە دابەزی و بە پێ هەڵات.
١٦باراکیش بەدوای گالیسکەکان و لەشکرەکە کەوت
بۆ حەرۆشەت هەگۆیم، هەموو لەشکرەکەی سیسرا
بە شمشێر کوژران، کەسیان نەما.

١٧بەڵام سیسرا ڕایکرد بۆ چادری یاعێلی ژنی
حەڤەری قێنی، چونکە پەیوەندییەکی ئاشتییانە
لەنێوان یاڤینی پاشای حاچۆر و ماڵی حەڤەری قێنی
هەبوو.

١٨یاعێل چووە دەرەوە بۆ پێشوازی سیسرا و پێی
گوت: «لابدە گەورەم، لابدە بۆ ئێرە مەترسە.» ئەویش
لایدا بۆ لای چادرەکە و ئیتر بە جاجم دایپۆشی.

١٩پێی گوت: «تۆزێك ئاوم بدەرێ، چونکە
تینوومە.» ئەویش مەشکەی شیرەکەی کردەوە و
پێیدا، ئینجا دایپۆشییەوە.

٢٠ئیتر پێی گوت: «لەبەردەم چادرەکە بوەستە،
ئەگەر یەکێك هات و پرسیاری لێکردیت: “ئایا ئێرە
کەسی لێیە؟” تۆش بڵێ: “نەخێر.”»

٢١بەڵام یاعێلی ژنی حەڤەر مێخێکی[b] چادرەکە
و چەکوشێکی هەڵگرت، بە شێنەیی بۆی چوو و

---

[a] ١١ برای خێزانەکەی یان کوڕی خەزووری.

[b] ٢١ مێخی: سنگی.

مێخەکەی کێشا بە لاجانیدا[a] و بە زەوییەکەدا خستی،
ئەویش لە خەوێکی قووڵدا بوو، چونکە ماندوو بوو،
ئیتر مرد.
٢٢ لە کاتێکدا باراك بەدوای سیسرا کەوتبوو،
یاعێل چووە دەرەوە بۆ پێشوازیکردنی و پێی گوت:
«وەرە با ئەو پیاوەت پیشان بدەم کە تۆ بەدوایدا
دەگەڕێیت.» ئەویش هات بۆ لای و بینی سیسرا
بە مردوویەتی کەوتووە و مێخی چادرەکە لەناو
لاجانییەتی.
٢٣ خوداش لەو ڕۆژەدا یاڤینی پاشای کەنعانی
لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا زەلیل کرد. ٢٤ نەوەی
ئیسرائیل بەهێزتر و بەهێزتر دەبوون بەسەر یاڤینی
پاشای کەنعان، هەتا یاڤینی پاشای کەنعانیان
لەناوبرد.

## سروودی دەڤۆرا

٥ ئینجا دەڤۆرا و باراکی کوڕی ئەڤینۆعەم لەو
ڕۆژەدا دەستیان بە گوتنی سروود کرد:

٢ «لە پێناوی پێشەوایەتیکردنی پێشەواکان لە
ئیسرائیل و
لە پێناوی ئەوانەی لەنێو گەل خۆیان بەختکرد،
ستایشی یەزدان بکەن!

٣ «ببیستن ئەی پاشایان، گوێ بگرن ئەی
فەرمانڕەوایان!
من بۆ یەزدان سروود دەڵێم،
مۆسیقا بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
دەژەنم.

٤ «ئەی یەزدان، بە هاتنەدەرەوەت لە سێعیر،
بە بەرەوپێشچوونت لە خاکی ئەدۆم،
زەوی لەرزی، ئاسمانیش دڵۆپەی کرد،
هەروەها هەورەکانیش ئاویان لێ باری.
٥ چیاکان هەرەسیان هێنا لە ڕووی یەزدانی
پەروەردگاری شاخی سینا،
لە ڕووی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل.

٦ «لە ماوەی ڕابەرایەتی شەمگەری کوڕی عەنات،
لە سەردەمی یاعێل ڕێگا سەرەکییەکان
وازلێهێنران و
ڕێبوارەکان بە ڕێڕەوی خواروخێچدا ڕۆیشتن.
٧ گوندەکانی ئیسرائیل چۆڵ بوون،
چۆڵ بوون، هەتا من کە دەڤۆرام هەستام،
هەستام وەك دایکێك لە ئیسرائیل.
٨ چەند خودایەکی نوێیان هەڵبژاردبوو،
ئینجا شەڕ هاتە دەروازەکان.
ئایا هیچ قەڵغانێك یان ڕمێك
لەنێو چل هەزار کەس لە ئیسرائیل دەبینرا؟
٩ دڵم لەگەڵ سەرکردەکانی ئیسرائیلە،
لەگەڵ خۆبەختکەرانی نێو گەل،
ستایشی یەزدان بکەن!

١٠ «ئەی ئەوانەی سواری ماکەری سپی بوون،
دانیشتوو لەسەر زینی لباد و
ئەوانەی ڕێتان گرتووەتەبەر،
گوێ بگرن ١١ لە دەنگی گۆرانیبێژان لەلای
حەوزەکان،
لەوێ بە کردارە ڕاستودروستەکانی یەزدانیان
هەڵدا،
کردەوە ڕاستودروستەکانی جەنگاوەرانی ئەو لە
ئیسرائیل.

«ئینجا گەلی یەزدان
بەرەو دەروازەکان ڕۆیشتن.
١٢ "هەستە، هەستە، ئەی دەڤۆرا!
هەستە، هەستە، سروود بڵێ!
هەستە، ئەی باراك!
ئەی کوڕی ئەڤینۆعەم دیلەکانت بگرە."

١٣ «ئینجا پاشماوەی گەل
هاتنە خوارەوە بۆ لای بەگزادەکان،
گەلی یەزدان بۆ لام هاتنە خوارەوە،
لەگەڵ پاڵەوانەکان.
١٤ هەندێکیان لە ئەفرایمەوە هاتن، ئەوانەی
بارەگایان لەنێو عەمالێقە،

[a] ٢١ لاجان: نێوان گوێ و چاو.

لە دواتەوەن، نەوەی بنیامین لەگەڵ گەلەکەت.
لە ماکیرەوە سەرکردەکان دابەزین و
لە زەبولونەوە ئەوانەی داردەستی پێشەوایان
بەدەستەوەیە.
[15] سەرۆکەکانی یەساخار لەگەڵ دەڤۆرا هاتن و
نەوەی یەساخار لەگەڵ باراك،
بەرەو دۆڵەکە بە پەلە بەدوایدا دەڕۆیشتن.
لەنێو خێڵەکانی ڕەئوبێن
دڵەڕاوکێیەکی زۆر هەبوو.
[16] بۆچی لەنێو پەرژینەکان دانیشتبوون،
بۆ گوێگرتن لە دەنگی بلوێرلێدان بۆ
مێگەلەکان؟
لەنێو خێڵەکانی ڕەئوبێن
دڵەڕاوکێیەکی زۆر هەبوو.
[17] گلعاد لەوبەری ڕووباری ئوردون مایەوە،
بۆچی دان لەلای کەشتییەکان چاوەڕێی دەکرد؟
ئاشێریش لەلای کەناری دەریا دانیشت و
لە بەندەرەکانی مایەوە.
[18] زەبولون گەلێکە گیان لەسەر دەست
لەگەڵ نەفتالی لە بەرزاییەکانی گۆڕەپانی
جەنگ.

[19] «پاشایان هاتن و جەنگان،
ئینجا پاشایانی کەنعان جەنگان
لە تەعنەك لەلای ئاوی مەگیدۆ،
هەندێك زیویشیان دەست نەکەوت.
[20] ئەستێرەکان لە ئاسمانەوە جەنگان،
لە خولگەکانی خۆیانەوە لە دژی سیسرا
جەنگان.
[21] ڕووباری قیشۆن ڕایماڵین،
ڕووباری قیشۆن، ڕووبارێکی دێرینە.
ئەی گیانی من بە ئازایەتییەوە بەرەو پێشەوە
بڕۆ!
[22] ئینجا سمی ئەسپەکان دەنگەدەنگەیان دەدا،
لە غارەغاری ئەسپە بەتاوەکانی.
[23] فریشتەی یەزدان فەرمووی: ”نەفرەت لە مێرۆز
بکەن،
بە توندی نەفرەت لە دانیشتووانی بکەن،
چونکە نەهاتن بۆ یارمەتیدانی یەزدان،
یارمەتیدانی یەزدان لە دژی پاڵەوانان.“
[24] «بەرەکەتدار بێت لەنێو ئافرەتان،
یاعێلی ژنی حەڤەری قێنی،
بەرەکەتدار بێت لەناو هەموو ئەو ئافرەتانەی
چادرنشینن.
[25] داوای ئاوی کرد شیری پێدا،
لەناو کاسەی شازادان، دەڵەمەی[a] بۆ هێنا.
[26] دەستی درێژکرد بۆ مێخی چادرەکە و
دەستە ڕاستەی بۆ چەکوشی کرێکار.
لە سیسرای دا و سەری شکاند،
کاسە سەری وردوخاش کرد و لاجانی کون کرد.
[27] لەبەر پێیەکانی ڕۆچوو،
کەوت، ڕاکشا،
لەبەر پێیەکانی ڕۆچوو، کەوت،
لەکوێ ڕۆچوو، لەوێ کەوت و شێوێنرا.
[28] «دایکی سیسرا لە پەنجەرەوە تەماشای کرد و
لە کلاوڕۆژنەوە[b] دەستی بە شیوەن کرد.
”بۆچی گالیسکەکانی لە هاتن دواکەوتن؟
بۆچی دەنگی ناڵی وڵاخی گالیسکەکانی
دواکەوتن؟“
[29] ئینجا داناترین شازادەی وەڵامی دایەوە،
بەڵکو خۆی بوو وەڵامی خۆی دایەوە:
[30] ”ئایا دەستکەوتێکیان دەست نەکەوتووە و بەشی
ناکەن،
کیژێك یان دووان بۆ هەر پیاوێك،
تاڵانکردنی جلی ڕەنگکراو بۆ سیسرا،
جلی ڕەنگکراو و نەخشێنراو،
جلی نەخشێنراو لە هەردوو ڕوو بۆ گەردنم،
هەمووی وەك تاڵانی؟“
[31] «ئاوا هەموو دوژمنانت لەناودەچن، ئەی یەزدان!

---

[a] ٢٥ یان دەرەمە، قۆناغی پێش دروستبوونی پەنیر.
[b] ٢٨ وەك پەنجەرەیە، دەلاقەیەکە بۆ هاتوچۆی هەوا و گێڕانەوەی تیشکی خۆر.

بەڵام با ئەوانەی کە تۆیان خۆشدەوێت وەك
خۆر بن
کاتێك لە بەهێزیدا هەڵدێت.»
ئینجا خاکەکە چل ساڵ لە ئاشتیدا بوو.

## گدعۆن

٦ نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان
خراپەکارییان کرد، یەزدانیش حەوت ساڵ
ژێر دەستەی میدیانییەکانی کردن. ٢جا دەسەڵاتی
میدیانییەکان بەسەر ئیسرائیلدا زاڵ بوو، لەبەر
میدیانییەکان نەوەی ئیسرائیل بۆ خۆیان پەناگایان
لەناو کونە شاخ و ئەشکەوت و قەڵای چیاکان
دروستکرد. ٣هەر جارێك ئیسرائیلییەکان تۆویان
دەچاند میدیانییەکان بۆیان سەردەکەوتن و
عەمالێقییەکان و کوڕانی ڕۆژهەڵات دەهاتنە
سەریان. ٤لە دژیان چادریان هەڵدەدا و بەروبوومی
زەوی و زاریان لەناو دەبرد تاکو دەگەیشتنە
غەزە، هیچ شتێکی زیندوویان بۆ نەوەی ئیسرائیل
نەدەهێشت[a]، نە لە مەڕ و نە لە مانگا و نە لە
گوێدرێژ. ٥لەبەر ئەوەی کە سەردەکەوتن بە ئاژەڵی
ماڵی و چادرەکانیانەوە دەهاتن و وەك کۆمەڵە کوللە
لە زۆریدا، خۆیان و وشترەکانیان بێشومار بوون،
دەچوونە ناو خاکەکەوە بۆ ئەوەی وێرانی بکەن.
٦ئیتر ئیسرائیلییەکان بەدەست میدیانییەکانەوە زۆر
هەژار بوون و نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان
کرد.

٧کاتێك نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان کرد
بەهۆی میدیانییەکانەوە، ٨یەزدان پێغەمبەرێکی بۆ
نەوەی ئیسرائیل نارد، ئەوەی پێ گوتن: «یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: من
لە میسرەوە سەرم خستن و لە خاکی کۆیلایەتی
دەرمهێنان و ٩لە دەستی میسرییەکان و لە دەستی
هەموو ئەوانەی دەیانچەوساندنەوە دەربازم کردن،
لەبەردەمتاندا دەرمکردن و خاکەکەیانم پێدان.
١٠پێم فەرموون: ”من یەزدانی پەروەردگاری ئێوەم.
خوداوەندەکانی ئەمورییەکان مەپەرستن، ئەوانەی
ئێوە لە خاکیاندا نیشتەجێن،“ بەڵام گوێتان لێ
نەگرتم.»
١١ئینجا فریشتەی یەزدان هات و لەژێر دار
بەڕووەکەی عۆفرا کە هی یۆئاشی ئەڤیعەزەری بوو
دانیشت. گدعۆنی کوڕی یۆئاشیش لە گوشەرەکە
گەنمی دەکوتا بۆ ئەوەی لە میدیانییەکانی
بشارێتەوە. ١٢جا فریشتەی یەزدان بۆ گدعۆن
دەرکەوت و پێی فەرموو: «ئەی جەنگاوەری بەهێز،
یەزدانت لەگەڵە.»
١٣گدعۆنیش پێی گوت: «گەورەم لێت دەپرسم،
ئەگەر یەزدان لەگەڵماندایە، ئەی بۆچی ئەم
هەموو کارەساتەمان بەسەرهات؟ کوا هەموو کارە
سەرسوڕهێنەرەکانی کە باوکانمان پێیان ڕاگەیاندین و
گوتیان: ”ئایا یەزدان نەبوو لە میسرەوە دەریهێناین؟“
ئێستاش یەزدان وازی لێ هێناوین و ژێردەستەی
میدیانی کردووین.»
١٤ئینجا یەزدان ئاوڕی لێدایەوە و گوتی: «بەم
توانایەتەوە بڕۆ و ئیسرائیل لە دەستی میدیان ڕزگار
بکە. من تۆ دەنێرم.»
١٥گدعۆنیش لێی پرسی: «ئای گەورەم! ئیسرائیل
بە چی ڕزگار بکەم؟ ئەوەتا خێڵەکەم بێهێزترین خێڵی
مەنەشەیە و منیش لە ماڵی باوکم لە هەموویان
بچووکترم.»
١٦یەزدانیش وەڵامی دایەوە: «من لەگەڵت دەبم و
لە هەموو میدیانییەکان دەدەی وەك ئەوەی لە تەنها
پیاوێك بدەی.»
١٧گدعۆنیش پێی گوت: «ئەگەر جێی ڕەزامەندی
تۆم، نیشانەیەکم بدەرێ کە تۆ خۆتی قسەم لەگەڵ
دەکەیت. ١٨تکایە ئێرە بەجێمەهێڵە هەتا دێمەوە بۆ
لات و پێشکەشکراوەکەم دەردەهێنم و لەبەردەمتدا
دای دەنێم.»
یەزدانیش فەرمووی: «دەمێنمەوە هەتا
دەگەڕێیتەوە.»
١٩گدعۆنیش چووە ژوورەوە و کارەبزنێکی سەربڕی

[a] ٤ هیچ شتێکی زیندوو: بڕوانە دواوتار ٢٨:٣١.

و ئامادەی کرد لەگەڵ ئێفەیەك ئارد[a] کە نانی فەتیرەی لێ دروستکرد. گۆشتەکەی لەناو سەبەتەیەك دانا و گۆشتاوەکەشی[b] کردە مەنجەڵێکەوە و بردیە دەرەوە بۆی بۆ ژێر دار بەڕووەکە و پێشکەشی کرد.

[٢٠]فریشتەی خوداش پێی فەرموو: «گۆشت و نانە فەتیرەکە ببە و لەسەر ئەو تاتەبەردە دایانبنێ و گۆشتاوەکە بڕێژە.» گدعۆنیش بەم جۆرەی کرد. [٢١]ئینجا فریشتەکەی یەزدان سەری گۆچانەکەی کە بە دەستیەوە بوو درێژی کرد و لە گۆشت و نانە فەتیرەکەی دا و ئاگرێك لە بەردەکەوە بەرزبووەوە و گۆشت و نانە فەتیرەکەی خوارد. ئینجا فریشتەکەی یەزدان لەبەرچاوی نەما. [٢٢]ئیتر گدعۆن زانی کە فریشتەی یەزدان بوو، بۆیە گوتی: «ئای ئەی یەزدانی باڵادەست! چونکە من فریشتەی یەزدانم ڕووبەڕوو بینی.»

[٢٣]یەزدانیش پێی فەرموو: «ئاشتی بۆ تۆ، مەترسە، نامریت.»

[٢٤]ئیتر گدعۆن لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد و ناوی لێنا «یەزدان ئاشتییە.» هەتا ئەمڕۆ لە عۆفرای ئەڤیعەزەرییەکانە.

[٢٥]ئینجا لەو شەوەدا یەزدان پێی فەرموو: «دووەمین گای باوکت کە حەوت ساڵانە، ببە بۆ قوربانگاکەی بەعل کە هی باوکتە، قوربانگاکە تێکبدە و ئەو ستوونە ئەشێرایەی[c] لەتەنیشتییەتی ببڕەوە. [٢٦]ئینجا قوربانگایەك بۆ یەزدانی پەروەردگارت لەسەر ئەو قەڵا بەرزە بە ڕێکوپێکی دروستبکە و دووەمین گا سەربخە و بیکە قوربانی سووتاندن لەسەر تەختە دارەکانی ئەو ستوونە ئەشێرایەی کە دەیبڕیتەوە.»

[٢٧]گدعۆنیش دە پیاوی لە خزمەتکارەکانی برد و ئەوەی کرد کە یەزدان پێی گوت. لەبەر ئەوەی لە ماڵی باوکی و خەڵکی شارۆچکەکە دەترسا ئەو کارە بە ڕۆژ ئەنجام بدات، بۆیە بە شەو کردی.

[٢٨]بۆ سبەینێ خەڵکی شارۆچکەکە هەستان و بینییان قوربانگاکەی بەعل ڕووخێنراوە و ستوونە ئەشێراکەی تەنیشتی بڕاوەتەوە، دووەمین گا کراوە بە قوربانی لەسەر قوربانگاکەی کە تازە دروستکرابوو.

[٢٩]ئیتر بە یەکتریان دەگوت: «کێ ئەمەی کردووە؟»

دوای پرسیارکردن و گەڕان، گوتیان «گدعۆنی کوڕی یۆئاش ئەمەی کردووە.»

[٣٠]جا خەڵکی شارۆچکەکە بە یۆئاشیان گوت: «کوڕەکەت بهێنە دەرەوە، دەبێت بکوژرێت، چونکە قوربانگاکەی بەعلی ڕووخاندووە و ستوونە ئەشێراکەی تەنیشتی بڕیوەتەوە.»

[٣١]بەڵام یۆئاش بە هەموو ئەوانەی گوت کە لێی هەستابوون: «ئایا ئێوە داکۆکی لە بەعل دەکەن، یان ڕزگاری دەکەن؟ ئەوەی داکۆکی لە بەعل بکات لەم بەیانییەدا دەکوژرێت! ئەگەر بەڕاستی خودایە با خۆی داکۆکی لە خۆی بکات، چونکە قوربانگاکەی ڕووخێنراوە.» [٣٢]ئیتر لەو ڕۆژەدا گدعۆنیان ناونا یەروبەعل و گوتیان: «با بەعل لە دژی شەڕ بکات،» چونکە قوربانگاکەی ڕووخاندووە.

[٣٣]ئینجا هەموو میدیانییەکان و عەمالێقییەکان و کوڕانی ڕۆژهەڵات پێکەوە کۆبوونەوە و لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە و لە دۆڵی یەزرەعیل چادریان هەڵدا. [٣٤]ڕۆحی یەزدان هاتە سەر گدعۆن و کەڕەنای لێدا و ئەڤیعەزەرییەکان شوێنی کەوتن. [٣٥]ئینجا نێردراوی نارد بۆ هەموو مەنەشە و ئەوانیش بە دەنگییەوە هاتن، هەروەها نێردراوی نارد بۆ ئاشێر و زەبولون و نەفتالی، ئەوانیش سەرکەوتن بۆ ئەوەی پێیان بگەن.

[٣٦]ئینجا گدعۆن بە خودای گوت: «ئەگەر بە دەستی من ئیسرائیل ڕزگار دەکەیت وەك فەرمووت، [٣٧]ئەوەتا من کەوڵی مەڕ لەسەر جۆخینەکە[d] دادەنێم،

[a] ١٩ نزیکەی شازدە کیلۆ.

[b] ١٩ گۆشتاو: چەلاو.

[c] ٢٥ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١.

[d] ٣٧ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

جا ئەگەر تەنها کەوڵەکە شەونمی لەسەر بوو و زەوی هەمووی وشك بوو، ئەوا دەزانم کە تۆ بە دەستی من ئیسرائیل ڕزگار دەکەیت وەك گوتت.» ٣٨ئیتر ئاوا بوو. بەیانی گدعۆن زوو هەستا و کەوڵەکەی گوشی و پڕ تەشتێك شەونمی لە کەوڵەکە گوشی.

٣٩ئینجا گدعۆن بە خودای گوت: «لێم تووڕە مەبە هەر ئەم جارە داوا دەکەم. تەنها ئەم جارە بە کەوڵەکە تاقی دەکەمەوە. با بەس کەوڵەکە وشك بێت و لەسەر هەموو زەوی شەونمی لێ بێت.» ٤٠خوداش لەو شەوەدا بەم جۆرەی کرد. بە تەنها کەوڵەکە وشك بوو و لەسەر هەموو زەوییەکە شەونم هەبوو.

## بەزاندنی میدیانییەکان

٧ ئیتر یەروبەعل، واتە گدعۆن، هەروەها هەموو ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیدا بوون بەیانی زوو هەستان و لەتەنیشت کانی حەرۆد چادریان هەڵدا. ئۆردوگای میدیانییەکانیش لە باکووریانەوە بوون لەلای گردی مۆرە لە دۆڵەکە. ٢ئینجا خودا بە گدعۆنی فەرموو: «ئەو خەڵکەی کە لەگەڵتدایە بەلای منەوە زۆرن، هەتا میدیانییەکان بدەمە دەستیان، نەوەك ئیسرائیل شانازی لەسەر من بکات و بڵێت: ”هێزی خۆم ڕزگاری کردم.“ ٣ئێستاش بانگەواز بۆ خەڵکەکە بکە: ”ئەوەی دەترسێت و تۆقیوە با بگەڕێتەوە و کێوی گلعاد بەجێبهێڵێت.“» ئیتر بیست و دوو هەزار کەس لە خەڵکەکە گەڕایەوە و دە هەزار کەس مانەوە.

٤ئینجا یەزدان بە گدعۆنی فەرموو: «هێشتا خەڵکەکە زۆرن. بیانبەرە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە بۆ ئەوەی لەوێ لە بێژنگیان بدەم بۆت. ئیتر ئەوەی کە پێت بڵێم: ”ئەمە لەگەڵت دێت“ ئەوە لەگەڵت دێت، بەڵام بۆ هەر یەکێکیش پێت بڵێم: ”ئەمە لەگەڵت نایەت،“ ئەوا نایەت.»

٥گدعۆنیش خەڵکەکەی بردە خوارەوە بۆ سەر ئاوەکە. ئینجا یەزدان بە گدعۆنی فەرموو: «هەرکەسێك لەسەر لەپی دەستی بە زمان[a] لە ئاوەکەی خواردەوە وەك چۆن سەگ ئاو دەخواتەوە جیای بکەرەوە، هەروەها هەرکەسێك بۆ ئاو خواردنەوە بەسەر چۆکدا بکەوێت جیای بکەرەوە.» ٦ئیتر ژمارەی ئەوانەی لە ڕێگەی لەپی دەستەوە بە زمان ئاویان خواردەوە سێ سەد پیاو بوون، خەڵکەکەی دیکەش هەموویان لەسەر چۆکیان کەوتن بۆ ئاو خواردنەوە.

٧ئینجا یەزدان بە گدعۆنی فەرموو: «بەو سێ سەد پیاوەی لە ڕێگەی لەپی دەستەوە بە زمان ئاویان خواردەوە ڕزگارتان دەکەم و میدیانییەکان دەخەمە ژێر دەستتەوە، خەڵکەکەی دیکە با هەرکەسە و بچێتەوە بۆ شوێنی خۆی.» ٨ئیتر گدعۆن هەموو پیاوەکانی دیکەی ئیسرائیلی ناردەوە، هەریەکە و بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام سێ سەد پیاوەکەی هێشتەوە. ئەوانیش ئازووقە و کەڕەناکانی ئەوانی دیکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

ئۆردوگای میدیانییەکانیش لە دۆڵەکە لە ژێرییەوە بوو. ٩ئینجا لەو شەوەدا یەزدان بە گدعۆنی فەرموو: «هەستە و هێرش بکە سەر ئۆردوگاکە، چونکە خستوومەتە ژێر دەستتەوە. ١٠ئەگەر لە هێرشبردن دەترسیت، ئەوا خۆت و پورای خزمەتکارت بچنە خوارەوە بۆ ئۆردوگاکە، ١١گوێت لە قسەکانیان دەبێت و ورەت بەرزدەبێتەوە و هێرش دەبەیتەسەر ئۆردوگاکە.» ئیتر خۆی و پورای خزمەتکاری بەرەو خوار چوون تاکو لە ڕیزەکانی دواوەی چەکدارەکانی ئۆردوگاکە نزیك بوونەوە. ١٢میدیانی و عەمالێقییەکان و هەموو کوڕانی ڕۆژهەڵات لە زۆریدا وەك کوللە وابوون و لە دۆڵەکە بوون، وشترەکانیشیان بێشومار بوون لە زۆریدا وەك ئەو لمەی لەسەر کەناری دەریادایە.

١٣ئینجا گدعۆن هات و بینی پیاوێك خەونێك بۆ هاوڕێکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «بەڕاستی خەونێکم بینیوە، لە خەونەکە کولێرەیەکی جۆ

[a] ٥ شێوازی ئاو خواردنەوە لە ڕێگەی لەپی دەستەوە و نزیکبوونەوەی لەپی دەست لە دەم.

گلۆربووەوە بۆ ئۆردوگای میدیانییەکان و هاتە چادرەکە و لێیدا، ئیتر کەوت و سەرەوژێری کرد، چادرەکەی تەخت کرد.»

[١٤] هاوڕێکەشی وەڵامی دایەوە: «ئەوە لە شمشێرەکەی گدعۆنی کوڕی یۆئاشی پیاوی ئیسرائیل زیاتر بەولاوە هیچی دیکە نییە، خودا میدیانییەکان و هەموو سوپاکەی خستووەتە ژێر دەستیەوە.»

[١٥] ئیتر کاتێك گدعۆن گوێی لە هەواڵی خەونەکە و لێکدانەوەکەی بوو کڕنۆشی برد[a] و گەڕایەوە ئۆردوگاکەی ئیسرائیل و گوتی: «هەستن، چونکە خودا سوپای میدیانییەکانی خستووەتە ژێر دەستتانەوە.» [١٦] ئینجا سێ سەد پیاوەکەی دابەش کرد بۆ سێ تیپ و کەڕەنای دایە دەستی هەموویان لەگەڵ گۆزەی بەتاڵ و چرای خستە ناو گۆزەکانەوە.

[١٧] پێی گوتن: «سەیری من بکەن و وەك من بکەن، ئەوەتا من دەچمە نزیك ئۆردوگاکە، ئیتر من چی دەکەم ئێوەش وا بکەن. [١٨] ئینجا من و هەموو ئەوانەی لەگەڵمدان کە کەڕەنامان لێدا، ئێوەش بە دەوری هەموو ئۆردوگاکەدا کەڕەنا لێ بدەن و بڵێن: ”بۆ یەزدان و بۆ گدعۆن!“»

[١٩] ئیتر گدعۆن و سەد پیاوەکەی کە لەگەڵیدا بوون لە سەرەتای نیوە شەودا هاتن بۆ کەناری ئۆردوگاکە و لەو کاتەدا پاسەوانەکانیان گۆڕی بوو، ئینجا کەڕەنایان لێدا و ئەو گۆزانەی لە دەستیان بوو شکاندیانن. [٢٠] سێ تیپەکە کەڕەنایان لێدا و گۆزەکانیان شکاند و چراکانیان بە دەستی چەپیانەوە گرت و کەڕەناکانیان بە دەستی ڕاست بۆ ئەوەی لێی بدەن، هاواریان کرد: «شمشێرێك بۆ یەزدان و بۆ گدعۆن!» [٢١] ئیتر هەریەکە و لە شوێنی خۆیان بە دەوری ئۆردوگاکەدا ڕاوەستان. ئینجا هەموو میدیانییەکان ڕایانکرد و هاواریان کرد و هەڵاتن.

[٢٢] کاتێك سێ سەد کەسەکە کەڕەنایان لێدا، یەزدان کارێکی کرد لە پیاوانی سەراپای ئۆردوگاکە کە هەریەکە بە شمشێرەکەی لە هاوڕێکەی خۆی بدات، ئیتر سوپاکە هەڵات بۆ بێتشیتا بەرەو چەرێرا هەتا دەگاتە سنووری ئابێل مەحۆلا نزیك تەبات. [٢٣] ئیتر پیاوانی ئیسرائیل لە هۆزەکانی نەفتالی و ئاشێر و هەموو مەنەشە بانگ کران و کۆبوونەوە و بەدوای میدیانییەکان کەوتن. [٢٤] ئینجا گدعۆن نێردراوی نارد بۆ هەموو ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم و گوتی: «دابەزن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میدیانییەکان و سەرچاوەی ئاوەکانیان لێ بستێنن هەتا دەگاتە بێتبارا و ڕووباری ئوردون.»

ئیتر هەموو پیاوانی ئەفرایم کۆبوونەوە و سەرچاوەی ئاوەکانیان لێسەندن هەتا دەگاتە بێتبارا و ڕووباری ئوردون. [٢٥] دوو سەرکردەی میدیانییەکانیشیان گرت، عۆرێڤ و زئێڤ. عۆرێڤیان لەسەر تاشەبەردی عۆرێڤ کوشت، بەڵام زئێڤیان لەناو گوشەری زئێڤدا کوشت. هەروەها دوای میدیانییەکان کەوتن و کەللەسەری عۆرێڤ و زئێڤیان لەوبەری ڕووباری ئوردونەوە هێنا بۆ گدعۆن.

## زەڤەح و چەلموناعی پاشایانی میدیان

٨ ئینجا پیاوانی ئەفرایم بە گدعۆنیان گوت: «ئەو کارە چی بوو بە ئێمەت کرد، بۆچی کە چوویت بۆ شەڕکردن لەگەڵ میدیانییەکان ئێمەت بانگ نەکرد؟» هەروەها ڕەخنەی توندیان لێ گرت.

[٢] ئەویش وەڵامی دانەوە: «ئەوەی من کردوومە چییە لەچاو ئەوەی ئێوە کردووتانە؟ ئایا چنینەوەی[b] ترێی ئەفرایم لە ترێ ڕنینەوەی ئەڤیعەزەر باشتر نییە؟ [٣] خودا عۆرێڤ و زئێڤی هەردوو سەرکردەی میدیانییەکانی خستە ژێر دەستتانەوە. من توانیومە چی بکەم لەچاو ئێوەدا؟» جا لەو کاتەدا کە ئەم قسەیەی کرد، تووڕەییان بەرامبەری خاو بووەوە.

[٤] ئینجا گدعۆن هات بۆ ڕووباری ئوردون و خۆی و سێ سەد پیاوەکەی کە لەگەڵیدا بوون پەڕینەوە، ماندوو بوون بەڵام بەردەوام بوون لە ڕاونانیان. [٥] گدعۆن بە خەڵکی سوکۆتی گوت: «نان بدەن بەو جەنگاوەرانەی لەگەڵمدان، چونکە ماندوون و من

[a] ١٥ کڕنۆشی برد: واتە خودای پەرست.

[b] ٢ کۆکردنەوەی پاشماوەی ڕنراوەکان.

بەردەوام بەدوای زەڤەح و چەلموناعی هەردوو پاشای میدیان کەوتووم.»

٦ بەڵام کاربەدەستەکانی سوکۆت گوتیان: «ئایا ئێستا دەستی زەڤەح و چەلموناع لە دەستتە تاوەکو نان بدەینە سەربازەکانت؟»

٧ گدعۆنیش گوتی: «بۆیە کاتێك یەزدان زەڤەح و چەلموناع دەخاتە ژێر دەستم، لەشتان بە دڕکوداڵی دەشتودەر زامدار دەکەم.»

٨ لەوێشەوە سەرکەوت بۆ پەنیێل و هەمان داواکاری لێکردن. خەڵکی پەنیێلیش وەکو خەڵکی سوکۆت وەڵامیان دایەوە. ٩ هەروەها بە خەڵکی پەنیێلی گوت: «کاتێك بە سەرکەوتوویی دەگەڕێمەوە ئەم قوللەیە دەڕووخێنم.»

١٠ زەڤەح و چەلموناعیش لە قەرقۆر بوون و سوپاکانیان لەگەڵیان بوون، کە نزیکەی پازدە هەزار بوون، هەموو ئەوانەی مابوونەوە لە هەموو سوپاکەی کوڕانی ڕۆژهەڵات بوون، ئەوانەش کە کەوتن سەد و بیست هەزار پیاوی شمشێر بەدەست بوون. ١١ ئیتر گدعۆن لە ڕێگای چادرنشینەکانەوە سەرکەوت، لە ڕۆژهەڵاتی نۆڤەح و یۆگبەهایەوە و لە سوپاکەی دا و سوپاکەش لەو کاتەدا ئاگادار نەبوون. ١٢ جا زەڤەح و چەلموناع هەڵاتن و ئەویش دوایان کەوت و هەردوو پاشای میدیان زەڤەح و چەلموناعی گرت و هەموو سوپاکەی تەفروتونا کرد.

١٣ ئینجا گدعۆنی کوڕی یۆئاش بەلای ڕێگای هەورازی حەرەس لە جەنگ گەڕایەوە. ١٤ گەنجێکی لە خەڵکی سوکۆت گرت و پرسیاری لێکرد، ئەویش ناوی کاربەدەستەکانی سوکۆت و پیرەکانی بۆ نووسی کە حەفتا و حەوت پیاو بوون. ١٥ ئینجا گدعۆن هات بۆ لای خەڵکی سوکۆت و گوتی: «ئەوەتا زەڤەح و چەلموناع کە گاڵتەتان پێکردم و گوتتان: "ئایا دەستی زەڤەح و چەلموناع ئێستا بە دەستتەوەیە هەتا نان بدەینە پیاوە ماندووەکانت؟"» ١٦ جا پیرەکانی شارۆچکەکەی برد و بە دڕکوداڵی دەشتودەر سزای دان و کردنی بە پەند بۆ خەڵکی سوکۆت. ١٧ هەروەها قوللەی پەنیێلی ڕووخاند و پیاوەکانی شارۆچکەکەی کوشت.

١٨ بە زەڤەح و چەلموناعی گوت: «ئەو پیاوانەی کە لە تاڤۆر کوشتتان چۆن بوون؟»

ئەوانیش گوتیان: «لە تۆ دەچوون، هەریەکەیان وەك شازادەیەك بوو.»

١٩ گدعۆنیش گوتی: «ئەوان برای منن و کوڕی دایکمن. بە یەزدانی زیندوو، ئەگەر ئێوە بە زیندوویی بتانهێشتبوونایەوە نەمدەکوشتن!» ٢٠ ئینجا بە یەتەری نۆبەرەی کوڕی گوت: «هەستە بیانکوژە!» بەڵام یەتەر شمشێرەکەی ڕانەکێشا، چونکە ترسا، لەبەر ئەوەی هێشتا مێردمنداڵ بوو.

٢١ زەڤەح و چەلموناعیش گوتیان: «تۆ هەستە و بمانکوژە، چونکە "پیاو چۆن بێت هێزیشی وایە."» گدعۆنیش هەستا و زەڤەح و سەلمونناعی کوشت و ئەو هیزارەی[a] بە ملی وشترەکانیانەوە بوو بردی.

## ئێفۆدی گدعۆن

٢٢ ئیتر پیاوانی ئیسرائیل بە گدعۆنیان گوت: «فەرمانڕەوایەتیمان بکە، خۆت و کوڕەکەت و کوڕی کوڕەکەشت، چونکە ڕزگارت کردین لە دەستی میدیان.»

٢٣ بەڵام گدعۆن پێی گوتن: «من فەرمانڕەوایەتیتان ناکەم و کوڕەکەشم فەرمانڕەوایەتیتان ناکات. یەزدان فەرمانڕەوایەتیتان دەکات.» ٢٤ ئینجا گدعۆن پێی گوتن: «داوای شتێکتان لێ دەکەم، هەریەکەتان ئەو گوارانەی دەستیکەوتووە بمداتێ.» چونکە بەگوێرەی نەریتی ئیسماعیلییەکان، گوارەی زێڕیان لە گوێ کردبوون.

٢٥ ئەوانیش گوتیان: «بە خۆشحاڵییەوە.» ئینجا جبەیەکیان ڕاخست و هەریەکە و ئەو گوارانەی دەستی کەوتبوو فڕێیدایە سەری. ٢٦ کێشی ئەو گوارە

[a] ٢١ هیزار: ئەو ملوانکە و جوانکاریانەیە بە گەردنی ئاژەڵەوە هەڵدەواسرێت، بریتی بووە لە ملوانکە و زەنگوڵی شێوە مانگی کراوە.

زێڕانەی کە داوای کرد هەزار و حەوت سەد شاقڵ[a] بوو، ئەمە بێجگە لە هیزارەکان کە لەسەر شێوەی مانگی نوێ بوون، هەروەها بازن و جبە و عەبای ئەرخەوانی کە لەبەر پاشایانی میدیان بوو، هەروەها بێجگە لەو ملوانکانەی کە لە ملی وشترەکانیان بوو. [٢٧]جا گدعۆن ئێفۆدێکی لێ دروستکردن و لە عۆفرا داینا کە شارۆچکەکەی خۆی بوو. هەموو ئیسرائیلیش بەدوایەوە لەوێ لەشفرۆشییان کرد، ئیتر ئەوە تەڵەیەك بوو بۆ گدعۆن و ماڵەکەی.

## مردنی گدعۆن

[٢٨]میدیانیش لەبەردەم کوڕانی ئیسرائیلدا زەلیل بوون و ئیتر سەریان بەرز نەکردەوە. خاکەکەش لە سەردەمی گدعۆندا چل ساڵ لە ئاشتیدا بوو.

[٢٩]جا یەروبەعلی[b] کوڕی یۆئاش ڕۆیشت و لە ماڵی خۆی دانیشت. [٣٠]گدعۆن حەفتا کوڕی لە پشتی خۆی هەبوو، چونکە ژنی زۆربوو. [٣١]هەروەها کەنیزەکەشی کە لە شەخەم بوو، ئەویش کوڕێکی بۆی بوو، ناوی لێنا ئەبیمەلەخ. [٣٢]ئینجا گدعۆنی کوڕی یۆئاش لە تەمەنێکی باشی پیریدا مرد و لە گۆڕی یۆئاشی باوکی لە عۆفرای ئەڤیعەزەرییەکاندا نێژرا.

[٣٣]هەر لەدوای مردنی گدعۆن نەوەی ئیسرائیل دیسان بەدوای بەعلەکانەوە لەشفرۆشییان کرد و بەعلبەریتیان[c] بە خودای خۆیان دانا. [٣٤]نەوەی ئیسرائیل یەزدانی پەروەردگاری خۆیان بیر نەکەوتەوە، ئەوەی دەربازی کردن لە دەستی هەموو دوژمنەکانی دەوروبەریان. [٣٥]هەروەها لەگەڵ ماڵی یەروبەعل گدعۆن دڵسۆز نەبوون بەرامبەر بە هەموو ئەو چاکانەی کە لەگەڵ ئیسرائیل کردی.

## ئەبیمەلەخ

٩ ئینجا ئەبیمەلەخی کوڕی یەروبەعل چوو بۆ شەخەم بۆ لای خاڵەکانی، بە هەموو هۆزی دایکی گوت: [٢]«بە هەموو خەڵکی شەخەم بڵێن: ”کامیان باشترە بۆ ئێوە، ئایا حەفتا کوڕەکەی یەروبەعل فەرمانڕەوایەتیتان بکەن، یان یەك پیاو فەرمانڕەوایەتیتان بکات؟“ ئەوەشتان لەبیر بێت کە من لە گۆشت و خوێنی خۆتانم.»

[٣]ئیتر خاڵەکانی هەموو ئەم قسانەیان بە هەموو خەڵکی شەخەم گوت. ئەوانیش ئەبیمەلەخیان بەدڵ بوو، چونکە گوتیان «ئەو برامانە.» [٤]ئینجا حەفتا شاقل زیویان[d] پێیدا لە پەرستگای بەعلبەریت، ئەبیمەلەخیش بەو پارەیە پیاوی یاخی و چاونەترسی بەکرێ گرت و ئەوانیش دوای کەوتن. [٥]ئینجا هات بۆ ماڵی باوکی لە عۆفرا و هەموو براکانی خۆی کوشت کە کوڕەکانی یەروبەعل بوون، حەفتا برا لەسەر یەك بەرد. تەنها یۆتامی کوڕی یەروبەعل کە لە هەمووان بچووکتر بوو مایەوە، چونکە خۆی شاردەوە. [٦]ئیتر شارنشینەکانی شەخەم و هەموو بێتمیلۆ کۆبوونەوە، چوون و لەلای دار بەڕووەکەی لای ستوونەکەی شەخەم ئەبیمەلەخیان کردە پاشا.

[٧]ئینجا هەواڵی ئەمەیان دا بە یۆتام، ئەویش چوو لەسەر لووتکەی کێوی گەریزیم و وەستا، هاواری لێکردن و پێیانی گوت: «گوێم لێ بگرن ئەی خەڵکی شەخەم، بۆ ئەوەی خودا گوێتان لێ بگرێت. [٨]جارێکیان درەختەکان چوون پاشایەك دەستنیشان بکەن لەسەر خۆیان. جا بە دار زەیتوونیان گوت: ”پاشایەتیمان بکە.“

[٩]«دار زەیتوونیش وەڵامی دانەوە: ”ئایا واز لە زەیتەکەم بهێنم، ئەوەی پێی ڕێز لە خوداوەندەکان و خەڵك دەگرن، بچم فەرمانڕەوایەتی درەختەکان بکەم؟“

[١٠]«ئینجا درەختەکان بە دار هەنجیریان گوت: ”وەرە تۆ پاشایەتیمان بکە.“

[١١]«دار هەنجیریش وەڵامی دانەوە: ”ئایا واز لە شیرینییەکەم و بەرە خۆشەکەم بهێنم، بچم فەرمانڕەوایەتی درەختەکان بکەم؟“

[a] ٢٦ هەزار و حەوت سەد شاقڵ: نزیکەی ١٩,٥ کیلۆگرام.

[b] ٢٩ یەروبەعل: مەبەست لە گدعۆن، لێرە و لە ئایەتی ٣٥.

[c] ٣٣ واتە خوداوەندی پەیمان یان مێردی پەیمان.

[d] ٤ نزیکەی ٠,٨ کیلۆگرام.

١٢«ئیتر درەختەکان بە دار مێویان گوت: "تۆ وەرە پاشایەتیمان بکە."

١٣«دار مێویش وەڵامی دانەوە: "ئایا واز لە شەرابەکەم بهێنم، ئەوەی دڵی خوداوەندەکان و خەڵك خۆش دەکات، بچم فەرمانڕەوایەتی درەختەکان بکەم؟"

١٤«ئینجا هەموو درەختەکان بە دڕکوداڵیان گوت: "تۆ وەرە پاشایەتیمان بکە."

١٥«دڕکوداڵیش بە درەختەکانی گوت: "ئەگەر ئێوە بەڕاستی دەتانەوێت بە پاشای خۆتان دەستنیشانم بکەن، وەرن لەژێر سێبەرەکەمدا خۆتان پەنا بدەن. بەڵام ئەگەر وا نەبوو ئاگرێك لە دڕکەکەوە دێتە دەرەوە و دارەکانی ئۆرزی لوبنان دەخوات!"

١٦«ئایا ئێوە بە دەستپاکی و بە ڕاستی کارتان کردووە کە ئەبیمەلەختان کردووە بە پاشا؟ ئایا چاکەتان لەگەڵ یەروبەعل و لەگەڵ ماڵەکەی کردووە؟ ئایا بەگوێرەی شایستەیی خۆی پاداشتتان داوەتەوە؟ ١٧باوکم بۆ ئێوە جەنگا و خۆی خستە مەترسییەوە و لە چنگی میدیان دەربازی کردن. ١٨ئێوەش ئەمڕۆ بەگژ ماڵی باوکمدا چوون و کوڕەکانی ئەوتان کوشت، حەفتا پیاو لەسەر یەك بەرد و ئەبیمەلەخی کوڕی ژنە خزمەتکارەکەی ئەوتان کردە پاشای خەڵکی شەخەم، چونکە براتانە! ١٩جا ئەگەر بە دەستپاکی و بە ڕاستیتان کردبێت لەگەڵ یەروبەعل و لەگەڵ ماڵەکەی لەم ڕۆژەدا، ئەوا دڵتان خۆش بکەن بە ئەبیمەلەخ و با ئەویش دڵی پێتان خۆش بێت. ٢٠بەڵام ئەگەر واتان نەکردبوو، ئەوا ئاگرێك لە ئەبیمەلەخەوە دێتە دەرەوە و شارنشینەکانی شەخەم و بێت‌میلۆ دەخوات، ئاگرێکیش لە شارنشینەکانی شەخەم و لە بێت‌میلۆ دێتە دەرەوە و ئەبیمەلەخ دەخوات!»

٢١ئینجا یۆتام ڕایکرد و هەڵات، لە ترسی ئەبیمەلەخی برای چوو بۆ بئێر و لەوێ ژیا.

٢٢ئیتر ئەبیمەلەخ سێ ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئیسرائیلی کرد. ٢٣ئینجا خودا ڕۆحێکی بەدکاری نارد بۆ نێوان ئەبیمەلەخ و شارنشینەکانی شەخەم، ئیتر شارنشینەکانی شەخەم ناپاکییان لە ئەبیمەلەخ کرد. ٢٤خودا ئەمەی کرد هەتا ئەو تاوانەی لە حەفتا کوڕەکەی یەروبەعل کرا، خوێنڕشتنیان لە ئەستۆی ئەبیمەلەخی برایان بێت کە کوشتنی، هەروەها بەسەر شارنشینەکانی شەخەم، ئەوانەی هانیان دا بۆ کوشتنی براکانی. ٢٥جا شارنشینەکانی شەخەم بۆسەیان لەسەر لووتکەی چیاکان لە دژی دانا و هەر یەکێك لەسەر ڕێگاکە بەلایاندا تێدەپەڕی ڕووتیان دەکردەوە. ئیتر هەواڵ گەیشت بە ئەبیمەلەخ.

٢٦ئەوە بوو گەعەلی کوڕی عەبەد و براکانی هاتن و پەڕینەوە بۆ شەخەم، خەڵکی شەخەم متمانەیان پێکرد. ٢٧چوونە دەرەوە بۆ سەر کێڵگەکانیان و ترێیەکانیان کۆکردەوە و بە پێیەکانیان گوشییان. لەدوای ئەوە چوونە پەرستگای خوداوەندەکەیان و ئاهەنگیان گێڕا. کاتێك خواردیان و خواردیانەوە، نەفرەتیان لە ئەبیمەلەخ کرد. ٢٨ئینجا گەعەلی کوڕی عەبەد گوتی: «ئەبیمەلەخ کێیە و شەخەم کێیە هەتا ئێمە خزمەتی بکەین؟ ئایا ئەو کوڕی یەروبەعل نییە و زەڤول بریکاری نییە؟ ئیتر بۆچی ئێمە خزمەتی بکەین؟ خزمەتی پیاوەکانی حەمۆری باوکی شەخەم بکەن. ٢٩خۆزگە ئەم گەلە لەژێر دەستی مندا دەبوون، ئەو کاتە ئەبیمەلەخم لا دەدا، پێم دەگوت: "هەموو سوپاکەت ئامادە بکە و وەرە دەرەوە!"»

٣٠کاتێك زەڤولی فەرمانڕەوای شار قسەکەی گەعەلی کوڕی عەبەدی بیست، زۆر تووڕە بوو و ٣١بە نهێنی پەیامنێری بۆ لای ئەبیمەلەخ نارد، گوتی: «وا گەعەلی کوڕی عەبەد و براکانی هاتن بۆ شەخەم و شارەکە لە دژی تۆ دەوروژێنن. ٣٢ئێستا بە شەو خۆت و ئەو دارودەستانەی لەگەڵتدایە هەستن و لە کێڵگە بۆسە دابنێن. ٣٣بەیانی کاتی خۆر هەڵاتن زوو هەستە و هێرش بەرە سەر شارەکە، ئینجا کاتێك گەعەل و ئەو دارودەستانەی کە لەگەڵیدان دێنە دەرەوە بۆت، تۆش ئەوەی لە دەستت دێ بیکە.»

٣٤ئیتر ئەبیمەلەخ و هەموو دارودەستەکانی کە لەگەڵیدا بوون بە شەو هەستان و بوون بە چوار بەش و بۆسەیان دانا بۆ شەخەم. ٣٥گەعەلی کوڕی

عەبەدیش چووبووە دەرەوە و لەناو دەروازەی شارەکەدا ڕاوەستابوو. لەو کاتەدا ئەبیمەلەخ و دارودەستەکانی کە لەگەڵیدا بوون لە بۆسەکە هاتنە دەرەوە.

٣٦کاتێك گەعەل خەڵکەکەی بینی، بە زەڤولی گوت: «ئا ئەوە خەڵکن لە لووتکەی چیاکانەوە دێنە خوارەوە!»

زەڤولیش پێی گوت: «ئەوە تۆ سێبەری چیاکان دەبینیت وا دەزانیت خەڵکە.»

٣٧بەڵام گەعەل دیسان گوتی: «ئا ئەوە خەڵکن لە بەرزایی زەوییەکەوە دێنە خوارەوە و یەك تیپیش وا لە ڕێی دار بەڕووەکەی بەخت خوێنەرەکانەوە دێت.»

٣٨زەڤولیش پێی گوت: «ئێستا ئەو دەمەت لەکوێیە کە پێی دوایت: ”ئەبیمەلەخ کێیە هەتا ئێمە خزمەتی بکەین؟“ ئایا ئەوە ئەو خەڵکە نین کە گاڵتەت پێیان کرد؟ دە ئێستا بڕۆ دەرەوە و لەگەڵیاندا بجەنگێ!»

٣٩گەعەلیش لەبەردەم خەڵکی شەخەمدا چووە دەرەوە و لەگەڵ ئەبیمەلەخ جەنگا. ٤٠ئەبیمەلەخیش بەزاندی، ئیتر لە دەستی هەڵات و برینداریکی زۆر بە درێژایی ڕێگاکە هەتا بەردەم دەروازەکە کەوتن. ٤١ئینجا ئەبیمەلەخ لە ئەروما دانیشت و زەڤولیش گەعەل و براکانی دەرکرد و نەیهێشت لە شەخەمدا بژین.

٤٢ئینجا بۆ بەیانییەکەی خەڵکی شەخەم چوونە دەرەوە بۆ کێڵگە و هەواڵ درا بە ئەبیمەلەخ. ٤٣ئەویش دارودەستەکانی برد و کردنی بە سێ بەشەوە و لە کێڵگەدا بۆسەی دانا، بینی وا خەڵکەکە لە شار دێنە دەرەوە، ئەویش بۆیان هەستا و لێیدان. ٤٤ئەبیمەلەخ و ئەو بەشەی لەگەڵیدا بوون هەڵمەتیان برد و لەناو دەروازەی شارەکەدا ڕاوەستان، بەڵام دوو بەشەکەی دیکە هێرشیان بردە سەر هەموو ئەوانەی کە لە کێڵگەدا بوون و لێیان دان. ٤٥ئەبیمەلەخیش بە درێژایی ڕۆژ چووە بەگژ شارەکەدا و شارەکەی گرت، ئەو خەڵکەی تێیدا بوو کوشتنی، شارەکەی وێران کرد و خاکەکەی بە خوێ داپۆشی.

٤٦ئینجا هەموو خەڵکی قوللەی شەخەم ئەمەیان بیست، بۆیە چوونە ناو قەڵای پەرستگای ئێل بەریت. ٤٧ئیتر هەواڵیان دا بە ئەبیمەلەخ کە هەموو خەڵکی قوللەی شەخەم کۆبوونەتەوە. ٤٨ئەبیمەلەخ خۆی و هەموو خەڵکەکەی کە لەگەڵی بوون سەرکەوتن بۆ کێوی چەلمۆن. ئینجا ئەبیمەلەخ دەستی دایە تەور و لقوپۆپی داری بڕییەوە و هەڵیگرت و خستییە سەر شانی، بەو خەڵکەی گوت کە لەگەڵیدا بوون: «چاوتان لێیە چیم کرد، ئێوەش خێرا وەکو من بکەن!» ٤٩خەڵکەکەش هەریەکە و چەند لقوپۆپێکی بڕییەوە و لەدوای ئەبیمەلەخەوە ڕۆیشتن، بە چواردەوری قەڵاکەدا دایاننا و قەڵاکەیان بەسەردا سووتاندن. بەم جۆرە هەموو خەڵکەکەی ناو قوللەی شەخەم مردن کە نزیکەی هەزار پیاو و ژن بوون.

٥٠ئینجا ئەبیمەلەخ چوو بۆ تێڤێچ و گەمارۆی تێڤێچی دا و گرتی. ٥١لەناوەڕاستی شارەکەش قوللەیەکی قاییم هەبوو، هەموو پیاوان و ژنان و تەواوی خەڵکی شارەکە بۆ ئەوێ هەڵاتن، دەرگاکانیان لەدوای خۆیانەوە داخست و سەرکەوتن بۆ سەربانی قوللەکە. ٥٢ئەبیمەلەخیش هات بۆ قوللەکە و چووە بەگژیدا و نزیکی دەرگای قوللەکە بووەوە بۆ ئەوەی بە ئاگر بیسووتێنێت. ٥٣ئینجا ژنێك بەرداشی سەرەوەی دەستاڕێکی کێشا بە سەری ئەبیمەلەخدا و کەللەی سەری شەقکرد.

٥٤ئەویش دەستبەجێ ئەو کوڕەی بانگکرد کە قەڵغان و ڕمەکانی بۆ هەڵگرتبوو، پێی گوت: «شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، بۆ ئەوەی پێم نەڵێن: ”ژنێك کوشتی.“» ئیتر کوڕەکە شمشێرەکەی پێدا کرد و مرد. ٥٥کاتێك پیاوەکانی ئیسرائیل بینییان ئەبیمەلەخ مرد، هەریەکە و گەڕایەوە شوێنی خۆی.

٥٦ئیتر خودا خراپەکارییەکەی ئەبیمەلەخی بەسەر خۆیدا هێنایەوە، ئەوەی دەرهەق بە باوکی کردی، کە حەفتا براکەی کوشت. ٥٧هەروەها خودا هەموو خراپەکارییەکانی خەڵکی شەخەمی بەسەر هێنانەوە، نەفرەتەکەی یۆتامی کوڕی یەروبەعلیان بەسەرهات.

## تۆلاع

١٠ لەدوای سەردەمی ئەبیمەلەخ تۆلاعی کوڕی پوئە کوڕی دۆدۆ هەستا بۆ ئەوەی ئیسرائیل ڕزگار بکات، کە پیاوێك بوو لە هۆزی یەساخار، لە شامیر لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم دەژیا. ٢بیست و سێ ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد، ئینجا مرد و لە شامیر نێژرا.

## یائیر

٣ئینجا لەدوای ئەو یائیری گلعادی هەستا و بیست و دوو ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد. ٤سی کوڕی هەبوو و سواری سی گوێدرێژ دەبوون و سی شارۆچکەیان هەبوو، پێیان دەگوترا حەڤۆت یائیر کە هەتا ئەمڕۆش وایان پێ دەڵێن و لە خاکی گلعادە. ٥یائیرش مرد و لە قامۆن نێژرا.

## یەفتاح

٦نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان گەڕانەوە بۆ خراپەکاری. بەعلەکان و عەشتۆرەتەکان و خوداوەندەکانی ئارام، سەیدا، مۆئاب، عەمۆنییەکان و فەلەستییەکانیان پەرست و وازیان لە یەزدان هێنا و نەیانپەرست. ٧لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدان لە ئیسرائیلییەکان هاتە جۆش و ڕادەستی فەلەستییەکان و عەمۆنییەکانی کردن. ٨ئەوانیش لەو ساڵەوە نەوەی ئیسرائیلیان تێکشکاند و ستەمیان لێکردن. بۆ ماوەی هەژدە ساڵ نەوەی ئیسرائیلیان دەچەوساندەوە، هەموو ئەوانەی کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بوون لە خاکی ئەمورییەکان ئەوانەی لە گلعاد بوون. ٩عەمۆنییەکان لە ڕووباری ئوردونیش پەڕینەوە بۆ جەنگ لە دژی یەهودا و بنیامین و بنەماڵەی ئەفرایم، بۆیە ئیسرائیل زۆر پەرێشان بوون. ١٠جا نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ یەزدان کرد و گوتیان: «ئێمە گوناهمان کرد دەرهەق بە تۆ، چونکە وازمان لە خودای خۆمان هێنا و بەعلەکانمان پەرست.»

١١یەزدانیش بە نەوەی ئیسرائیلی فەرموو: «کاتێك میسری، ئەموری، عەمۆنی، فەلەستی، ١٢سەیدائی، عەمالێقی و ماعۆنییەکان، تەنگیان پێتان هەڵچنی، ئێتر هاوارتان بۆ کردم، ئایا منیش لە دەستیان ڕزگارم نەکردن؟ ١٣بەڵام ئێوە وازتان لێ هێنام و خودای دیکەتان پەرست. لەبەر ئەوە ئیتر ڕزگارتان ناکەم. ١٤بڕۆن هاوار بکەن بۆ ئەو خوداوەندانەی هەڵتانبژاردون، با لە کاتی تەنگانەتان ئەوان ڕزگارتان بکەن.»

١٥نەوەی ئیسرائیلیش بە یەزدانیان گوت: «گوناهمان کرد، جا چی بە باش دەزانیت پێمانی بکە، تەنها هەر ئەمڕۆ دەربازمان بکە.» ١٦ئیتر خوداوەندە بێگانەکانیان لەنێو خۆیاندا لابرد و یەزدانیان پەرست، ئەویش دڵتەنگ بوو بەوەی ئیسرائیل لە ناخۆشیدا بێت.

١٧ئینجا لەشکرەکانی عەمۆنییەکان بانگ کران و کۆبوونەوە و لە گلعاددا چادریان هەڵدا، کوڕانی ئیسرائیلیش کۆبوونەوە و لە میچپا چادریان هەڵدا. ١٨ئیتر ڕابەرەکانی گەلی گلعاد بە یەکتریان گوت: «ئەو پیاوەی دەست بکات بە جەنگ لەگەڵ عەمۆنییەکان، ئەوا ئەو دەبێت بە سەرۆکی هەموو خەڵکی گلعاد.»

١١ یەفتاحی گلعادی جەنگاوەرێکی بەهێز بوو، کوڕی لەشفرۆشێك بوو، گلعادیش باوکی بوو. ٢ژنەکەی گلعاد چەند کوڕێکی بوو، کاتێك کوڕەکان گەورە بوون یەفتاحیان دەرکرد و پێیان گوت: «نابیت بە میراتگر لە ماڵی باوکمان، چونکە تۆ کوڕی ژنێکی دیکەیت.» ٣بۆیە یەفتاح لە دەست براکانی هەڵات و لە خاکی تۆڤ نیشتەجێ بوو، چەند پیاوێکی یاخی و چاونەترس لە دەوری کۆبوونەوە و دوای کەوتن.

٤ئینجا پاش ماوەیەك عەمۆنییەکان لە دژی ئیسرائیل جەنگان. ٥کاتێك عەمۆنییەکان لە دژی ئیسرائیل جەنگان، پیرانی گلعاد چوون بۆ ئەوەی یەفتاح لە خاکی تۆڤەوە بهێنن. ٦بە یەفتاحیان گوت: «وەرە ببە بە سەرکردەمان هەتا لە دژی عەمۆنییەکان بجەنگین.»

٧یەفتاحیش بە پیرانی گلعادی گوت: «ئایا ئێوە
نەبوون کە ڕقتان لێم بووەوە و لە ماڵی باوکم
دەرتانکردم؟ بۆچی ئێستا هاتوون بۆ لام کە لە
تەنگانە دان؟»
٨پیرانی گلعادیش بە یەفتاحیان گوت: «بۆیە ئێستا
گەڕاوینەتەوە بۆ لات هەتا لەگەڵمان بێیت و لە
دژی عەمۆنییەکان بجەنگین و ببیت بە سەرکردەمان
بەسەر هەموو دانیشتووانی گلعاد.»
٩یەفتاحیش بە پیرانی گلعادی گوت: «ئەگەر
منتان گەڕاندەوە بۆ جەنگ لە دژی عەمۆنییەکان و
یەزدان ئەوانی بەدەستمەوە دا، ئەوا بەڕاستی من
دەبمە سەرکردەتان؟»
١٠پیرانی گلعادیش بە یەفتاحیان گوت: «با یەزدان
لەنێوانمان شایەت بێت، بە دڵنیاییەوە ئاوا دەکەین
بەپێی ئەوەی گوتت.» ١١ئینجا یەفتاح لەگەڵ پیرانی
گلعاددا ڕۆیشت و گەل کردیان بەسەرکردە و
فەرماندەی خۆیان و یەفتاحیش هەموو قسەکانی
خۆی لە میچپا لەبەردەم یەزدان دووبارە کردەوە.
١٢ئینجا یەفتاح چەند نێردراوێکی بۆ لای پاشای
عەمۆنییەکان ڕەوانە کرد و گوتی: «چیم لەگەڵ تۆ
هەیە، تۆ هاتوویتە سەرم هەتا لە خاکەکەم لە دژم
بجەنگیت؟»
١٣پاشای عەمۆنییەکانیش بە نێردراوەکانی
یەفتاحی گوت: «لەبەر ئەوەی ئیسرائیل لە کاتی
هاتنیدا لە میسر خاکەکەی بردووم، لە ئەرنۆنەوە
هەتا یەبۆق و هەتا ڕووباری ئوردون، ئێستاش بە
ئاشتی بیگەڕێنەوە.»
١٤ئینجا یەفتاح دووبارە چەند نێردراوێکی بۆ لای
پاشای عەمۆنییەکان ڕەوانە کردەوە و ١٥پێی گوت:

«یەفتاح ئاوا دەڵێت: ئیسرائیل خاکی
مۆئاب و خاکی عەمۆنییەکانی نەبردووە،
١٦چونکە لە کاتی هاتنی ئیسرائیل لە میسرەوە
بەناو چۆڵەوانیدا هەتا دەریای سوور[a] ڕۆیشت
و هات بۆ قادێش. ١٧ئیتر ئیسرائیل چەند
نێردراوێکی نارد بۆ لای پاشای ئەدۆم و گوتی:
"لێمانگەڕێ با بەناو خاکەکەتدا تێپەڕ بین،"
بەڵام پاشای ئەدۆم گوێی نەگرت. هەروەها
نێردراویان بۆ لای پاشای مۆئاب نارد، بەڵام
ڕازی نەبوو. ئینجا نەوەی ئیسرائیل لە قادێش
مانەوە.
١٨«ئینجا بەناو چۆڵەوانیدا ڕۆیشتن و
بەدەوری خاکی ئەدۆم و خاکی مۆئابدا
سووڕانەوە، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە هاتن بۆ خاکی
مۆئاب و لە کەناری ئەرنۆن چادریان هەڵدا،
نەهاتنە ناو خاکی مۆئاب، چونکە ڕووباری
ئەرنۆن سنووری مۆئاب بوو.
١٩«پاشان ئیسرائیل چەند نێردراوێکی بۆ
لای سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان و پاشای
حەشبۆن نارد و پێی گوتن: "لێمانگەڕێن با
بەناو خاکەکەتاندا تێپەڕین بۆ شوێنەکەمان."
٢٠بەڵام سیحۆن متمانەی بە ئیسرائیل نەبوو
بەناو سنوورەکەیدا تێبپەڕێت، بەڵکو سیحۆن
هەموو هێزەکانی کۆکردەوە و لە یەهەچ
چادریان هەڵدا و لە دژی ئیسرائیل جەنگان.
٢١«ئینجا یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
سیحۆن و هەموو سوپاکەی دا بەدەست نەوەی
ئیسرائیلەوە و ئەوانیان بەزاند. ئیتر ئیسرائیل
بوو بە خاوەنی هەموو زەوی ئەمورییەکان
و دانیشتووانی ئەو خاکە، ٢٢دەستیان بەسەر
هەموو سنووری ئەمورییەکاندا گرت، لە
ئەرنۆنەوە هەتا یەبۆق و لە چۆڵەوانییەوە
هەتا ڕووباری ئوردون.
٢٣«ئێستاش کە یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل ئەمورییەکانی لەبەردەم ئیسرائیلی

[a] ١٦ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٢٩.

گەلی خۆی دەرکردووە، ئایا بە چ مافێك تۆ
خاوەندارییێتی دەکەیت؟ [٢٤]ئایا نابیتە خاوەنی
ئەوەی کە کەمۆشی[a] خوداوەندت پێت
دەدات؟ ئێمەش خاوەنی هەموو ئەوانەین
کە یەزدانی پەروەردگارمان لەبەردەمماندا
وەدەرینان. [٢٥]ئێستاش ئایا تۆ بەڕاستی لە
بالاقی کوڕی چیپوری پاشای مۆئاب چاکتریت؟
ئایا ئەو بەربەرەکانێی ئیسرائیلی کرد، یاخود
لە دژیان جەنگا؟ [٢٦]ئەو کاتەی ئیسرائیل
لە حەشبۆن و گوندەکانی و عەرۆعێر و
گوندەکانی و هەموو شارۆچکەکانی کەناری
ئەرنۆن سێ سەد ساڵ نیشتەجێ بوو، بۆچی
لەو کاتەدا بەدەستت نەهێنایەوە؟ [٢٧]من هیچ
گوناهم دەرهەق بە تۆ نەکردووە، بەڵام تۆ
خراپەم لەگەڵ دەکەیت بە شەڕکردن لەگەڵ
من. با ئەمڕۆ یەزدانی دادوەر حوکم لەنێوان
ئیسرائیل و عەمۆنییەکاندا بدات.»

[٢٨]بەڵام پاشای عەمۆنییەکان گوێی لە قسەکانی
یەفتاح نەگرت کە بۆی نارد.

[٢٩]جا ڕۆحی یەزدان هاتە سەر یەفتاح، لە
گلعاد و مەنەشە پەڕییەوە و لە میچپای گلعادیش
پەڕییەوە، لە میچپای گلعادیشەوە بۆ عەمۆنییەکان
پەڕییەوە. [٣٠]ئینجا یەفتاح نەزری[b] بۆ یەزدان کرد
و گوتی: «ئەگەر عەمۆنییەکانت دا بەدەستمەوە،
[٣١]ئەوا لە کاتی گەڕانەوەمدا بە سەرکەوتوویی لەلای
عەمۆنییەکانەوە، ئەوەی بۆ پێشوازیلێکردنم لە
دەرگای ماڵەکەمەوە بێتە دەرەوە، ئەوە بۆ یەزدان
دەبێت و وەك قوربانی سووتاندن پێشکەشی
دەکەم.»

[٣٢]ئینجا یەفتاح پەڕییەوە بۆ عەمۆنییەکان بۆ
جەنگ لە دژیان و یەزدان ئەوانی دایە دەستی.

[٣٣]لەنێوان عەرۆعێرەوە و مینیت هەتا ئابێل کەرامیم
بیست شارۆچکەی وێران کرد و بەم شێوەیە
عەمۆنییەکان کەوتنە ژێردەستی نەوەی ئیسرائیل.

[٣٤]پاشان یەفتاح گەڕایەوە بۆ میچپا بۆ ماڵەکەی
و تەماشای کرد وا کچەکەی بە دەفلێدان و
سەماکردنەوە هاتووەتە دەرەوە بۆ پێشوازیلێکردنی.
ئەو کچەش تاقانە بوو، جگە لەو کوڕ و کچی دیکەی
نەبوو. [٣٥]لەو کاتەدا کە چاوی پێکەوت جلەکانی
دادڕی و گوتی: «ئای کچەکەم ئەژنۆت شکاندم
و ژیانت لێ تاڵ کردم، چونکە سوێندم بۆ یەزدان
خواردووە و ناتوانم لێی پاشگەز ببمەوە.»

[٣٦]ئەویش پێی گوت: «ئەی باوکە تۆ نەزرت بۆ
یەزدان کردووە؟ بەوەم لەگەڵ بکە کە لە دەمت
هاتووەتە دەرەوە، چونکە یەزدان تۆڵەی بۆ
سەندییەوە لە دوژمنەکانت، لە عەمۆنییەکان.»
[٣٧]پاشان بە باوکی گوت: «با ئەو کارەم لەگەڵدا
بکرێت، دوو مانگ لێم بگەڕێ هەتا بڕۆم و لەسەر
چیاکان بگەڕێم و لەگەڵ هاوڕێیەکانم شیوەن بگێڕم،
چونکە هەرگیز شوو ناکەم.»

[٣٨]ئەویش گوتی: «بڕۆ.» دوو مانگ ناردی، ڕۆیشت
و لەگەڵ دەستە خوشکەکانی لەسەر چیاکان شیوەنی
گێڕا، چونکە هەرگیز شوو ناکات. [٣٩]لە کۆتایی دوو
مانگەکەدا گەڕایەوە بۆ لای باوکی، ئیتر ئەو نەزرەی
کردبووی ئەنجامی دا، کچەکەش پاکیزە بوو.

ئیتر ئەمە لەناو ئیسرائیلدا بوو بە نەریت [٤٠]کە
کچەکانی ئیسرائیل ساڵانە چوار ڕۆژ دەچن بۆ
ئەوەی شیوەن بۆ کچەکەی یەفتاحی گلعادی بگێڕن.

## یەفتاح و ئەفرایم

١٢ ئینجا پیاوانی لەشکری ئەفرایم بانگکران
و کۆبوونەوە و پەڕینەوە بۆ شارۆچکەی
چافۆن و بە یەفتاحیان گوت: «بۆچی بۆ جەنگ لە
دژی عەمۆنییەکان پەڕیتەوە و بانگت نەکردین بۆ
ئەوەی لەگەڵت بێین؟ لەبەر ئەوە ماڵەکەت بە ئاگر
بەسەرتدا دەسووتێنین.»

[٢]یەفتاحیش وەڵامی دانەوە: «من و گەلەکەم

---

[a] ٢٤ خوداوەندی هەرە گەورەی مۆئابییەکان بوو. بڕوانە سەرژمێری ٢١:٢٩.

[b] ٣٠ نەزر: واتە پابەندکردنی مرۆڤ خۆیەتی بە مەرجێکەوە، لە کاتێکدا کە داخوازییەك بەرز دەکاتەوە بۆ خودا و بە ئەرێ وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن خوداوە. بڕوانە سەرژمێری ٢١:٢.

لەگەڵ عەمۆنییەکاندا ململانێیەکی توندمان هەبوو، کاتێك بانگم کردن، ئێوە لە دەستیان ڕزگارتان نەکردم. [3]کاتێك بینیم ئێوە ڕزگارم ناکەن، گیانم خستە دەستمەوە و پەڕیمەوە بۆ جەنگ لە دژی عەمۆنییەکان و یەزدانیش ئەوانی خستە ژێر دەستمەوە. ئیتر بۆچی ئێوە ئەمڕۆ هاتوونەتە سەرم بۆ ئەوەی لە دژم بجەنگن؟»

[4]ئینجا یەفتاح هەموو پیاوانی گلعادی کۆکردەوە و لە دژی ئەفرایم جەنگا و پیاوانی گلعاد ئەفرایمیان بەزاند، چونکە ئەفرایمییەکان گوتبوویان: «ئێوەی گلعادی لە دەست ئەفرایم و مەنەشە ڕاتانکردووە.» [5]گلعادییەکان تەنکاییەکانی ڕووباری ئوردونیان لە ئەفرایم گرت، لەو کاتەدا هەرکەسێك لە هەڵاتووەکانی ئەفرایم بیگوتایە: «لێمگەڕێن با تێپەڕم،» پیاوانی گلعاد پێیان دەگوت: «تۆ ئەفرایمیت؟» ئەگەر دەیگوت: «نەخێر،» [6]پێیان دەگوت: «باشە بڵێ "شیبۆلەت."» ئەویش دەیگوت: «سیبۆلەت،» چونکە بە تەواوی نەیدەتوانی وشەکە دەرببڕێت. ئینجا دەیانگرت و لە تەنکاییەکانی ڕووباری ئوردون دەیانکوشت. لەو کاتەدا چل و دوو هەزار لە ئەفرایم کوژران.

[7]لەدوای ئەوە یەفتاح شەش ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و پاشان یەفتاحی گلعادی مرد و لە یەکێك لە شارۆچکەکانی گلعاد نێژرا.

## ئیبسان و ئێلۆن و عەڤدۆن

[8]پاش ئەو ئیبسانی خەڵکی بێتلەحم ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و [9]سی کوڕ و سی کچی هەبوو، کچەکانی بە شوو دا بە خەڵکی دەرەوەی خێڵەکەی و لە دەرەوەی خێڵەکەی سی بووکی بۆ کوڕەکانی هێنا. ئیبسان حەوت ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و [10]پاشان ئیبسان مرد و لە بێتلەحم نێژرا.

[11]پاش ئەو ئێلۆنی زەبولونی دە ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و [12]پاشان ئێلۆنی زەبولونی مرد و لە ئەیالۆن لە خاکی زەبولون نێژرا.

[13]پاش ئەویش عەڤدۆنی کوڕی هیلێل لە شاری پیرعاتۆن ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و [14]چل کوڕ و سی کوڕەزای هەبوو سواری حەفتا گوێدرێژ دەبوون. هەشت ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد. [15]ئینجا عەڤدۆنی کوڕی هیلێلی پیرعاتۆنی مرد و لە پیرعاتۆن لە خاکی ئەفرایمدا لە ناوچە شاخاوییەکانی عەمالێقییەکان نێژرا.

## لەدایکبوونی شەمشون

١٣ دیسان نەوەی ئیسرائیل لەبەرچاوی یەزدان گەڕانەوە بۆ خراپەکاری و یەزدانیش چل ساڵ ژێر دەستەی فەلەستییەکانی کردن.

[2]ئینجا پیاوێك لە چۆرعا هەبوو لە هۆزی دانییەکان ناوی مانۆوەح بوو، ژنەکەی نەزۆك بوو منداڵی نەدەبوو. [3]جا فریشتەی یەزدان خۆی پیشانی ژنەکە دا و پێی فەرموو: «تۆ نەزۆکیت و منداڵت نەبووە، بەڵام سکپڕ دەبیت و کوڕێکت دەبێت. [4]ئێستاش وریابە شەراب و مەی مەخۆرەوە و شتی گڵاو مەخۆ. [5]ئەوەتا سك پڕ دەبیت و کوڕێکت دەبێت، گوێزان بەسەر سەریدا نایەت، چونکە کوڕەکە هەر لە سکتەوە تەرخانکراو[a] دەبێت بۆ خودا، ئەویش دەست دەکات بە ڕزگارکردنی ئیسرائیل لە دەستی فەلەستییەکان.»

[6]ئینجا ژنەکە چوو بۆ لای مێردەکەی و پێی گوت: «پیاوێکی خودا هات بۆ لام و وەك فریشتەی خودا شێوەی زۆر سامناك بوو. لێم نەپرسی کە لەکوێوە هاتووە، ئەویش ناوی خۆی پێ نەگوتم. [7]پێی گوتم: "ئەوەتا سك پڕ دەبیت و کوڕێکت دەبێت، ئێستاش شەراب و مەی مەخۆرەوە و شتی گڵاو مەخۆ، چونکە کوڕەکە لەو کاتەوەی لە سکتە تەرخانکراو دەبێت بۆ خودا هەتا ڕۆژی مردنی."»

[8]ئینجا مانۆوەح لە یەزدان پاڕایەوە و گوتی: «ئەی پەروەردگار، داوات لێ دەکەم ئەو پیاوەی خودا کە ناردت با دووبارە بێتەوە بۆ لامان و فێرمان بکات چی بۆ ئەو کوڕە بکەین کە لەدایك دەبێت.»

[9]خوداش گوێی لە دەنگی مانۆوەح گرت و

[a] ٥ تەرخانکراو: واتە نەزر دەکات. بڕوانە سەرژمێری بەشی ٦.

فریشتەی خودا دووبارە هاتەوە بۆ لای ژنەکە کە
لە کێڵگەدا دانیشتبوو و مانۆوەحی مێردی لەگەڵدا
نەبوو. ١٠ئیتر ژنەکە بە توندی ڕایکرد و بە مێردەکەی
گوت: «ئەوەتا ئەو پیاوەی کە ئەو ڕۆژە هات بۆ لام،
خۆی نیشاندامەوە!»
١١مانۆوەحیش هەستا و بەدوای ژنەکەیدا ڕۆیشت
و هات بۆ لای پیاوەکە، پێی گوت: «تۆ ئەو پیاوەی
کە لەگەڵ ژنەکەم قسەت کرد؟»
ئەویش گوتی: «من ئەوم.»
١٢مانۆوەحیش گوتی: «لە کاتی هاتنەدی وتەکەت،
ڕێنمایی و کردارەکانی چۆن دەبێت؟»
١٣ئینجا فریشتەکەی یەزدان بە مانۆوەحی گوت:
«با ژنەکە هۆشیار بێت لە هەموو ئەو شتانەی
پێم گوت، ١٤ئەوەی لە دار مێو بێت با نەیخوات،
شەراب و مەی نەخواتەوە و هیچ شتێکی گڵاویش
نەخوات. با خۆی لە هەموو ئەو شتانە بپارێزێت کە
ڕامسپاردووە.»
١٥ئینجا مانۆوەح بە فریشتەکەی یەزدانی گوت:
«لێمانگەڕێ با بتحەوێنینەوە و کارەبزنێکت بۆ سەر
ببڕین.»
١٦فریشتەکەی یەزدانیش بە مانۆوەحی گوت:
«ئەگەر بشمحەوێننەوە لە نانەکەت ناخۆم، ئەگەر
قوربانی سووتاندنیشت کرد پێشکەشی یەزدانی
بکە.» چونکە مانۆوەح نەیزانی ئەوە فریشتەی
یەزدانە.
١٧مانۆوەحیش بە فریشتەکەی یەزدانی گوت:
«ناوت چییە، بۆ ئەوەی کاتێك وتەکەت هاتە دی
ڕێزت لێ بنێین؟»
١٨فریشتەکەی یەزدانیش پێی گوت:
«بۆچی لە ناوم دەپرسیت؟ ئەو لە سەرووی
تێگەیشتنەوەیە؟» ١٩ئینجا مانۆوەح کارەبزنەکە و
دانەوێڵە پێشکەشکراوەکەی برد و سەری خستنە
سەر تاتەبەردێك و کردنی بە قوربانی بۆ یەزدان،
یەزدانیش کارێکی سەرسوڕهێنەری ئەنجام دا و
مانۆوەح و ژنەکەشی تەماشایان دەکرد. ٢٠ئەوە بوو:
لە کاتی بەرزبوونەوەی گڕی ئاگر لە قوربانگاکەوە بۆ
ئاسمان، فریشتەکەی یەزدان لەناو گڕی قوربانگاکەدا
سەرکەوت. کە مانۆوەح و ژنەکەی ئەمەیان بینی
هەردووکیان بە ڕوودا کەوتن بە زەویدا. ٢١لەدوای
ئەمە فریشتەکەی یەزدان لەبەرچاوی مانۆوەح
و ژنەکەی دیار نەما، ئەوسا مانۆوەح زانی ئەوە
فریشتەی یەزدان بوو.
٢٢ئیتر مانۆوەح بە ژنەکەی گوت: «بێگومان
دەمرین، چونکە خودامان بینی!»
٢٣ژنەکەشی وەڵامی دایەوە: «ئەگەر یەزدان
بیویستایە بمانمرێنێت قوربانی سووتاندن
و پێشکەشکراوی دانەوێڵەیی لە دەستمان
وەرنەدەگرت، هەموو ئەم شتانەی نیشان نەدەداین
و لەم کاتەدا هەموو ئەم شتانەی پێ نەدەگوتین.»
٢٤ئینجا ژنەکە کوڕێکی بوو و ناوی لێنا شەمشون.
کوڕەکە گەورە بوو و یەزدان بەرەکەتداری کرد،
٢٥ڕۆحی یەزدانیش لەنێوان چۆرعا و ئەشتائۆل
دەستی بە بزواندنی کرد لە مەحەنێی دان.

## شەمشون ژن دەهێنێت

١٤ ئینجا شەمشون بەرەو خوار چوو بۆ
تیمنا و لە تیمنادا ئافرەتێکی لە کچانی
فەلەستییەکان بینی. ٢جا هاتەوە و بە دایك و باوکی
گوت: «ئافرەتێکم لە تیمنا لە کچانی فەلەستییەکان
بینی و ئێستاش بۆم داوا بکەن وەك ژنم.»
٣دایك و باوکیشی وەڵامیان دایەوە: «ئایا لەناو
کچانی خزمەکانت و لەناو هەموو گەلەکەتدا
ئافرەتێکی تێدا نییە، هەتا بچیت و ژنێك لە
فەلەستییە خەتەنە نەکراوەکان بهێنیت؟»
شەمشونیش بە باوکی گوت: «ئەوم بۆ بهێنە،
چونکە ئەوم بەدڵە.» ٤دایك و باوکیشی نەیانزانی
ئەوە لەلایەن یەزدانەوەیە، چونکە بەدوای
هۆکارێکدا دەگەڕا لە دژی فەلەستییەکان؛ لەو
کاتەشدا فەلەستییەکان بەسەر ئیسرائیلدا زاڵ بوون.
٥ئینجا شەمشون و دایك و باوکی بەرەو خوار چوون
بۆ تیمنا و هاتن بۆ ڕەزەمێوەکانی تیمنا و لەو کاتەدا
جوانە شێرێك لێی هاتە پێش و دەینەڕاند. ٦جا

ڕۆحی یەزدان بە تواناوە هاتە سەری و وەك کارەبزن پارچەپارچەی کرد، ئەگەر چی هیچیشی بەدەستەوە نەبوو. کەچی دایك و باوکیشی ئاگادار نەکردەوە لەوەی کە کردی. [٧]ئینجا چوو و قسەی لەگەڵ ئافرەتەکەدا کرد و شەمشون بە دڵی بوو.

[٨]پاش چەند ڕۆژێك، کاتێك گەڕایەوە بۆ ئەوەی بیهێنێت، لایدا هەتا لاشەی شێرەکە ببینێت، تەماشای کرد شارە هەنگێك لەناو هەناوی شێرەکە هەیە لەگەڵ هەنگوین. [٩]جا هەردوو چنگی لێ پڕکرد و بە ڕۆیشتنەوە دەیخوارد. ئەوسا چوو بۆ لای دایك و باوکی، بەشی دان و خواردیان، پێی نەگوتن کە هەنگوینەکەی لە هەناوی شێرەکەوە دەرهێناوە.

[١٠]ئینجا باوکی چووە خوارەوە بۆ لای ئافرەتەکە و شەمشونیش لەوێ زەماوەندێکی ساز کرد، چونکە ئەمە نەریتی زاوا بوو. [١١]جا کاتێك بینییان سی هاوڕێیان هێنا و لەگەڵیدا بوون.

[١٢]ئینجا شەمشون پێی گوتن: «مەتەڵێکتان پێ دەڵێم ئەگەر لە ماوەی حەوت ڕۆژی خوانەکەدا هەڵتانهێنا و دۆزیتانەوە سی کراسی کەتان و سی قات جلتان پێدەدەم، [١٣]بەڵام ئەگەر بۆتان هەڵنەهێنام ئەوا ئێوە سی کراسی کەتان و سی قات جل بە من دەدەن.»

ئەوانیش گوتیان: «مەتەڵەکەت بڵێ با گوێمان لێی بێت.»

[١٤]ئەویش وەڵامی دانەوە:

«لە بخۆر، خواردن هاتە دەرەوە،
لە بەهێزیش، شیرینی.»

ئەوانیش لە سێ ڕۆژدا نەیانتوانی مەتەڵەکە هەڵبهێنن.

[١٥]لە ڕۆژی چوارەمدا بە ژنەکەی شەمشونیان گوت: «مەکر لەگەڵ پیاوەکەتدا بکە بۆ ئەوەی مەتەڵەکەمان پێ بڵێت، ئەگینا خۆت و ماڵی باوکت بە ئاگر دەسووتێنین. داوەتتان کردووین هەتا ڕووتمان بکەنەوە؟»

[١٦]ئینجا ژنەکەی شەمشون لەلای گریا و گوتی: «تۆ ڕقت لێمە و منت خۆشناوێت. مەتەڵێکت بە نەوەی گەلەکەم گوتووە و وەڵامەکەت بە من نەگوتووە.»

ئەویش پێی گوت: «تەنانەت بۆ دایك و باوکمم ڕوون نەکردووەتەوە، ئیتر چۆن بۆ تۆی ڕوون بکەمەوە؟» [١٧]بەو شێوەیە لە ماوەی حەوت ڕۆژی خوانەکەدا لەلای گریا و ئینجا ئەویش لە ڕۆژی حەوتەم پێی گوت، چونکە تەنگی پێهەڵچنی و ئەویش مەتەڵەکەی بۆ نەوەی گەلەکەی ئاشکرا کرد.

[١٨]جا پیاوانی شارۆچکەکە لە ڕۆژی حەوتەم بەر لە ئاوابوونی خۆر پێیان گوت:

«چ شتێك لە هەنگوین شیرینترە و
لە شێر بەهێزترە؟»

ئەویش پێی گوتن:

«ئەگەر بە گوێرەکەکەم[a] نەتاندەکێڵا،
مەتەڵەکەمتان هەڵنەدەهێنا.»

[١٩]ئینجا ڕۆحی یەزدان بە تواناوە هاتە سەری و بەرەو خوار چوو بۆ ئەسقەلان و سی پیاوی لێ کوشتن و تاڵانییەکەیانی برد و جلەکانی ئەوانی دایە ئاشکراکەرانی مەتەڵەکە. پاشان زۆر تووڕە بوو و چووەوە ماڵی باوکی. [٢٠]ژنەکەی شەمشونیش بوو بە ژنی ئەو هاوڕێیەی کە لە زەماوەندەکەیدا لەگەڵی بوو.

## شەمشون تۆڵە لە فەلەستییەکان دەکاتەوە

١٥ ئینجا پاش ماوەیەك لە کاتی دروێنەی گەنمدا شەمشون ژنەکەی بە کارەبزنێك بەسەرکردەوە و گوتی: «دەچمە ژوورەوە بۆ لای ژنەکەم لە ژوورەکەی خۆی.» بەڵام باوکی ژنەکەی نەیهێشت بچێتە ژوورەوە.

[٢]باوکی گوتی: «لە ڕاستیدا من وا بیرم کردەوە کە تۆ ڕقت لێی بووەتەوە، بۆیە دام بە هاوڕێکەت. ئایا خوشکە بچووکەکەی لەو جوانتر نییە؟ با لە جیاتی ئەو بۆ تۆ بێت.»

[a] ١٨ نوێنگینەکەم.

٣شەمشونیش پێی گوتن: «ئێستا من بێتاوانم ئەگەر خراپە بەسەر فەلەستییەکان بهێنم.» ٤ئینجا شەمشون چووە ڕاو و سێ سەد ڕێوی ڕاوکرد، کلکی هەردوو ڕێوی پێکەوە بەستەوە و مەشخەڵێکی لەناوەڕاستی هەردوو کلکەکان دانا. ٥ئینجا ئاگری لە مەشخەڵەکان بەردا و ڕێویەکانی بەرەڵا کردە ناو کێڵگەکانی فەلەستییەکانەوە، جا ئەوەی کۆکرابووەوە و ئەوەی چێنرابوو تەنانەت ڕەزەمێوەکان و ڕەزە زەیتوونەکانیشی سووتاند.

٦فەلەستییەکانیش گوتیان: «کێ ئەمەی کرد؟» وەڵامیان دایەوە: «شەمشونی زاوای تیمنی، چونکە ژنەکەی لێسەندەوە و دایە هاوڕێکەی.»

ئینجا فەلەستییەکان سەرکەوتن و ژنەکە و باوکیان سووتاند. ٧شەمشونیش پێی گوتن: «چونکە ئەمەتان کردووە، ئەوا من وازتان لێ ناهێنم هەتا تۆڵە نەکەمەوە.» ٨ئینجا بە توندی لێیدان و زۆر کەسی لێیان کوشت، پاشان بەرەو خوار چوو و لەناو کونێك لە تاشەبەردی عێتام نیشتەجێ بوو.

٩ئینجا فەلەستییەکان سەرکەوتن و لە یەهودا چادریان هەڵدا و لە لەحی بڵاو بوونەوە. ١٠جا پیاوانی یەهودا گوتیان: «بۆچی هاتوونەتە سەرمان؟»

ئەوانیش گوتیان: «بۆ ئەوەی شەمشون بەستینەوە و ئەوەی پێ بکەین کە پێی کردین.»

١١ئینجا سێ هەزار پیاو لە یەهودا بەرەو خوار چوون بۆ کونەکە لە تاشەبەردی عێتام و بە شەمشونیان گوت: «ئایا نازانیت فەلەستییەکان بەسەرماندا زاڵن؟ تۆ چیت پێکردین؟»

ئەویش پێی گوتن: «چییان پێکردم، ئەوەم پێکردوون.»

١٢ئینجا پێیان گوت: «هاتووینە خوارەوە بۆ ئەوەی بتبەستینەوە و بتدەینە دەست فەلەستییەکان.»

شەمشونیش پێی گوتن: «سوێندم بۆ بخۆن کە ئێوە نامکوژن.»

١٣ئەوانیش گوتیان: «نەخێر ناتکوژین، بەڵام دەتبەستینەوە و دەتدەینە دەستیان.» ئینجا بە دوو گوریسی نوێ بەستیانەوە و لە تاشەبەردەکەوە سەریان خست. ١٤کاتێك هات بۆ لەحی، فەلەستییەکان بە هاوارەوە بەرەو ڕووی چوون. ئینجا ڕۆحی یەزدان بە تواناوە هاتە سەری و ئەو دوو گوریسەی بە بازوویەوە بوو وەك کەتانی سووتێنراویان لێهات و دەستی ئازاد بوو. ١٥ئینجا شەمشون شەویلاکێکی کەری دۆزییەوە کە هێشتا وشك نەببووەوە، هەڵیگرت و هەزار پیاوی پێوە کوشت.

١٦ئینجا شەمشون گوتی:

«بە شەویلاکی کەرێك
ئێوەم کردە کەرگەل،
بە شەویلاکی کەرێك
هەزار پیاوم کوشت.»

١٧کە لە قسەکردن بووەوە شەویلاکەکەی دەستی فڕێدا و ئەو شوێنەی بە ڕامەت لەحی[a] ناو برد.

١٨پاشان زۆر تینووی بوو و هاواری بۆ یەزدان کرد و گوتی: «تۆ ئەم ڕزگارییە گەورەیەت دا بەدەست خزمەتکارەکەت و ئایا ئێستاش لە تینوێتیدا دەمرم و دەکەومە دەست خەتەنە نەکراوەکان؟» ١٩ئینجا خودا چاڵەکەی لەحییەی کردە دوو کەرت و ئاوی لێ هاتە دەرەوە. کاتێك شەمشون خواردیەوە ڕۆحی هاتەوە بەر و بووژایەوە، بۆیە بە کانی هەقۆرێ ناوبرا کە هەتا ئەمڕۆ لە لەحیدایە.

٢٠جا شەمشون لە ڕۆژگاری فەلەستییەکاندا بیست ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد.

## شەمشون و دەلیلا

١٦ پاشان شەمشون چوو بۆ غەزە و لەوێ لەشفرۆشێکی بینی و چووە ژوورەوە بۆ لای. ٢ئینجا بە غەزەییەکان گوترا: «شەمشون هاتووە بۆ ئێرە!» جا چواردەوری شوێنەکەیان گرت و بە درێژایی شەو لە نزیك دەروازەی شارەکەدا خۆیان بۆ مات کرد و گوتیان: «بەرەبەیان دەیکوژین.» ٣شەمشونیش هەتا نیوەشەو پاڵکەوت و پاشان

[a] ١٧ ڕامەت لەحی: واتە گردی شەویلاك.

لە نیوەی شەودا هەستا و هەردوو لای دەروازەی شارەکە بە تەواوی لەگەڵ دوو کۆڵەکەکە و شمشیرەکەی[a] دەرهێنا و خستنییە سەر شانی و بردنییە سەرەوە بۆ سەر چیاکەی بەرامبەر حەبرۆن.

٤ پاش ئەوە ئافرەتێکی لە دۆڵی سۆرێقدا خۆشویست کە ناوی دەلیلا بوو. ٥ ئینجا حوکمڕانە فەلەستییەکان چوونە لای دەلیلا و پێیان گوت: «مەکری لەگەڵ بکە و تەماشا بکە بزانە نهێنی ئەو هێزە مەزنەی چییە و بە چی بەسەریدا زاڵ بین و پەلبەستی بکەین بۆ ئەوەی ملکەچی بکەین، ئینجا هەریەک لە ئێمە هەزار و سەد شاقل[b] زیوت پێدەدەین.»

٦ جا دەلیلا بە شەمشونی گوت: «پێم بڵێ نهێنی هێزە گەورەکەت چییە و بە چی دەبەسترێیتەوە هەتا ملکەچ بکرێیت؟»

٧ شەمشونیش پێی گوت: «ئەگەر بە حەوت ژێی تەڕی وشک نەبووەوە بمبەستنەوە، بێهێز دەبم و وەک کەسێکی ئاسایم لێدێت.»

٨ ئینجا حوکمڕانە فەلەستییەکان حەوت ژێی تەڕی وشک نەبووەوەیان بۆ دەلیلا سەرخست و پێی بەستایەوە. ٩ کەسانی بۆسەکە لە ژوورەکە لەلای مابوونەوە، دەلیلا پێی گوت: «شەمشون، فەلەستییەکان هاتنە سەرت!» شەمشونیش ژێیەکانی بڕی، وەک پچرانی پەت کاتێک لە ئاگر نزیک دەبێتەوە، جا نەزانرا نهێنی هێزەکەی چییە.

١٠ جا دەلیلا بە شەمشونی گوت: «ئەوەتا گاڵتەت پێکردم و درۆت لەگەڵ کردم، ئێستا پێم بڵێ بە چی دەبەسترێیتەوە؟»

١١ ئەویش پێی گوت: «ئەگەر بە گوریسی نوێی بەکارنەهاتوو بمبەستنەوە، بێهێز دەبم و وەک کەسێکی ئاسایم لێدێت.»

١٢ ئینجا دەلیلا چەند گوریسێکی نوێی هێنا و پێی بەستایەوە و پێی گوت: «شەمشون، فەلەستییەکان هاتنە سەرت!» بۆسەکەش لە ژوورەکەدا لەلای مابووەوە، جا گوریسەکەی وەک دەزوو لە قۆڵی کردەوە.

١٣ دەلیلاش بە شەمشونی گوت: «هەتا ئێستا گاڵتەم پێ دەکەیت و درۆم لەگەڵ دەکەیت، ئێستا پێم بڵێ بە چی دەبەسترێیتەوە؟»

ئەویش پێی گوت: «ئەگەر حەوت تیسک[c] لە پرچم بە ڕایەڵی تەونێکەوە بچنیتەوە و لە تەختە دارێک گرێی بدەیت، ئەو کاتە بێهێز دەبم و وەک کەسێکی ئاسایم لێدێت.» جا کاتێک خەوتبوو، دەلیلا حەوت تیسک لە پرچی بە ڕایەڵی تەونەکە چنییەوە و ١٤ لە تەختە دارێک گرێی دا.

جارێکی دیکە پێی گوت: «شەمشون، فەلەستییەکان هاتنە سەرت!» جا لە خەوەکەی بەئاگا هات و تەختە دار و تەونەکە و ڕایەڵەکەی هەڵتەکاند.

١٥ ئینجا پێی گوت: «چۆن دەڵێیت "تۆم خۆشدەوێ" و دڵیشت لەگەڵمدا نییە؟ ئەوەتا ئەمە سێ جارە گاڵتەم پێ دەکەیت و پێم ناڵێیت نهێنی هێزە گەورەکەت چییە.» ١٦ جا لەبەر ئەوەی تەنگی پێهەڵچنی بوو و هەموو ڕۆژێک لێی دووبارە دەکردەوە، هەتا وەڕسی کردبوو.

١٧ بۆیە هەموو دڵی خۆی بۆ کردەوە و پێی گوت: «گوێزان بەسەر سەرمدا نەهاتووە، چونکە لە سکی دایکمەوە بۆ خودا تەرخانکراوم[d]. جا ئەگەر سەرم بتاشرێت هێزەکەم لێم دەڕوات و لاواز دەبم و وەک کەسێکی ئاسایم لێدێت.»

١٨ جا دەلیلا کە بینی هەموو ئەوەی لە دڵیدا پێی گوت، حوکمڕانە فەلەستییەکانی بانگکرد و گوتی: «ئەم جارە سەربکەون، چونکە هەموو ئەوەی کە لە دڵیدا بوو پێی گوتم.» ئینجا حوکمڕانە فەلەستییەکان سەرکەوتنە سەرەوە بۆ لای و زیوەکەیان لەگەڵ

[a] ٣ شمشیرە: پارچە دارێک بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.
[b] ٥ نزیکەی ١٣ کیلۆگرام.
[c] ١٣ تیسک: کۆمەڵە تاڵە مووی پرچی سەرە کە پێکەوە کۆبووەتەوە، پێشی دەگوترێ لەزگە موو.
[d] ١٧ تەرخانکراوم: واتە نەزر دەکات. بڕوانە سەرژمێری بەشی ٦.

خۆیاندا برد. [١٩]ئینجا لەسەر ڕانی خەواندی و پیاوێکی بانگکرد و هەر حەوت تیسکەکەی سەری تاشی و دەستی بە زەلیلی کرد و هێزەکەی لە دەست دا.

[٢٠]ئینجا گوتی: «شەمشون، فەلەستییەکان هاتنە سەرت!»

جا ئەویش لە خەو خەبەری بووەوە و گوتی: «وەك هەموو جارێك دەچمە دەرەوە و خۆم ڕادەتەکێنم و ئازاد دەبم.» بەڵام نەیزانی یەزدان بەجێی هێشتووە.

[٢١]جا فەلەستییەکان گرتیان و چاویان هەڵکۆڵی و بردیانە خوارەوە بۆ غەزە و بە زنجیری بڕۆنز بەستیانەوە و لە زینداندا ئیشی دەستاڕی دەکرد. [٢٢]بەڵام مووی سەری دەستی بە هاتنەوە کرد پاش ئەوەی تاشرابوو.

## مردنی شەمشون

[٢٣]حوکمڕانە فەلەستییەکانیش کۆبوونەوە بۆ ئەوەی قوربانییەکی گەورە بۆ داگۆنی خوداوەندیان سەر ببڕن و ئاهەنگ بگێڕن و گوتیان: «خوداوەندەکەمان شەمشونی دوژمنمانی داوەتە دەستمان.»

[٢٤]جا کە گەل بینییان ستایشی خوداوەندەکەیان کرد، چونکە گوتیان:

«خوداوەندەکەمان ئەو دوژمنەمانی
دایە دەستمان
کە خاکەکەی ئێمەی وێران کرد و
زۆری لێ کوشتین.»

[٢٥]پاش ئەوەی دڵیان خۆش بوو، گوتیان: «شەمشون بانگ بکەن هەتا جۆش و خرۆشمان پێبدات.» ئینجا شەمشونیان لە زیندانەوە بانگکرد و لەبەردەمیاندا نوواندنی بۆ دەکردن.

کاتێك لەنێوان کۆڵەکەکان ڕایانوەستاند، [٢٦]شەمشون بەو مێردمنداڵەی گوت کە دەستی گرتبوو: «لێمگەڕێ با دەست بدەمە کۆڵەکەکان کە پەرستگاکەی لەسەر ڕاوەستاوە هەتا خۆمیان پێوە بگرم.» [٢٧]پەرستگاکەش پڕ بوو لە پیاو و ئافرەت و هەموو حوکمڕانە فەلەستییەکانیش لەوێ بوون، لە سەربانەکەش سێ هەزار پیاو و ئافرەتی لێبوو، تەماشای شەمشونیان دەکرد نوواندنی بۆ دەکردن. [٢٨]جا شەمشون هاواری بۆ یەزدان کرد و گوتی: «ئەی یەزدانی باڵادەست، تکایە بە بیری خۆتم بهێنەرەوە، تکایە بەهێزم بکە، تەنها ئەم جارە ئەی خودایە، بۆ ئەوەی بە یەك جار تۆڵەی چاوم لە فەلەستییەکان بکەمەوە.» [٢٩]ئینجا شەمشون دوو کۆڵەکەکەی ناوەندی گرت کە پەرستگاکە لەسەریان ڕاوەستابوو و خۆی پێیانەوە گرت، یەکێکیان لەلای دەستە ڕاستی و ئەوی دیکەیان لەلای دەستە چەپی. [٣٠]ئینجا شەمشون گوتی: «با لەگەڵ فەلەستییەکاندا بمرم!» جا بە هەموو هێزی چەمایەوە و پەرستگاکە بەسەر حوکمڕانەکان و هەموو ئەو خەڵکەی تێیدا بوون ڕووخا، جا ئەوانەی لە کاتی مردنیدا کوشتنی زیاتر بوون لەوانەی لە ژیانیدا کوشتنی.

[٣١]ئینجا براکانی و هەموو ماڵی باوکی دابەزین و هەڵیانگرت و بردیانە سەرەوە، لەنێوان چۆرعا و ئەشتائۆل لەناو گۆڕی مانۆوەحی باوکی ناشتیان. ئەویش بیست ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد.

## بتەکانی میخا

١٧ پیاوێك لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم هەبوو ناوی میخا بوو. [٢]بە دایکی گوت: «ئەو هەزار و سەد شاقل[a] زیوەی لە تۆ دزرا و منیش گوێم لێبوو نەفرەتت لە دزەکەی کرد، ئەوەتا زیوەکە لەلای منە و من بردم.»

دایکیشی گوتی: «یەزدان بەرەکەتدارت بکات کوڕم!»

[٣]کاتێك هەزار و سەد شاقل زیوەکەی بۆ دایکی گەڕاندەوە، دایکی گوتی: «بە دەستی خودی خۆم زیوەکەم بۆ یەزدان تەرخان کردووە لە پێناوی کوڕەکەم، بۆ دروستکردنی پەیکەرێکی داتاشراو و بتێکی لەقاڵبدراو. ئێستاش دەیگەڕێنمەوە بۆت.»

[a] ٢ نزیکەی ١٣ کیلۆگرام.

٤ جا کاتێك زیوەکەی گەڕاندەوە بۆ دایکی، دایکیشی دوو سەد شاقل زیوی[a] برد و دای بە زیوگەرێك، ئەویش پەیکەرێکی داتاشراو و بتێکی لەقاڵبدراوی لێ دروستکردن و هەردووکیان لە ماڵی میخادا بوون.

٥ جا میخا بتخانەی هەبوو، ئێفۆد[b] و بتی[c] دروستکرد و ئەرکی بە یەکێك لە کوڕەکانی سپارد و کردی بە کاهین بۆ خۆی. ٦ لەو سەردەمەشدا هیچ پاشایەك لەناو ئیسرائیلدا نەبوو، هەرکەس ئەوەی دەکرد کە لەبەرچاوی خۆی ڕاست بوو.

٧ گەنجێك لە بێت‌لەحمی یەهودا هەبوو لەناو هۆزی یەهودا، خۆی لێڤی بوو و لەوێ نیشتەجێ بوو. ٨ لە شارۆچکەکەوە لە بێت‌لەحمی یەهوداوە ڕۆیشت هەتا لە هەرکوێیەك بۆی ڕێك بکەوێت لەوێ نیشتەجێ بێت. کاتێك بەڕێوە بوو، هات بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم بۆ ماڵی میخا.

٩ میخاش پێی گوت: «لەکوێوە هاتوویت؟»

ئەویش گوتی: «من لێڤیم و خەڵکی بێت‌لەحمی یەهودام و دەڕۆم بۆ ئەوەی لە هەرکوێیەك بۆم ڕێك بکەوێت لەوێ نیشتەجێ بم.»

١٠ میخاش پێی گوت: «لەلای من بمێنەوە و ببە بە باوك و کاهینم، لە ساڵێکدا دە شاقل[d] زیو و دەستێك جل و خواردنت دەدەمێ.» جا لێڤییەکەش لەگەڵی چوو و ١١ ڕازی بوو لەگەڵ پیاوەکە بمێنێتەوە، گەنجەکە بۆی بووە یەکێکی وەك کوڕەکانی. ١٢ ئینجا میخا لێڤییەکەی دامەزراند و گەنجەکە بووە کاهینی و لەناو ماڵەکەی ژیا. ١٣ جا میخا گوتی: «ئێستا زانیم یەزدان چاکەم لەگەڵدا دەکات، چونکە لێڤییەکە بووە بە کاهینم.»

## دانییەکان لە لەیش نیشتەجێ بوون

١٨ لەو سەردەمەدا هیچ پاشایەك لەناو ئیسرائیلدا نەبوو.

لەو ڕۆژانەشدا هۆزی دانییەکان بەدوای شوێنێکدا دەگەڕان بۆ نیشتەجێبوون، چونکە هەتا ئەو ڕۆژەش لەنێو هۆزەکانی ئیسرائیلدا هیچ میراتێکیان بەرنەکەوتبوو. ٢ جا نەوەی دان لە چۆرعا و لە ئەشتائۆلەوە پێنج جەنگاوەری لێهاتوویان لە تێکڕای خێڵەکەیانەوە نارد، بۆ ئەوەی سیخوڕی بەسەر خاکەکەوە بکەن و بیپشکنن، پێیان گوتن: «بڕۆن و خاکەکە بپشکنن.»

جا ئەوانیش هاتن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم بۆ ماڵی میخا و لەوێ مانەوە. ٣ لەو کاتەدا کە ئەوان لە نزیك ماڵی میخا بوون، دەنگی کوڕە لێڤییەکەیان ناسییەوە و چوون بۆ ئەوێ و لێیان پرسی: «کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ لەم شوێنە چی دەکەیت؟ چیت لێرە هەیە؟»

٤ ئەویش پێی گوتن: «میخا ئەمە و ئەوەی بۆ کردووم و بە کرێی گرتووم و بووم بە کاهینی.»

٥ ئەوانیش پێیان گوت: «تکایە لە خودا بپرسە و بزانە لەو ڕێگایەدا سەرکەوتوو دەبین کە پێیدا دەڕۆین؟»

٦ کاهینەکەش وەڵامی دانەوە: «بە سەلامەتی بڕۆن، ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن چاوی یەزدانی لەسەرە.»

٧ ئینجا پێنج پیاوەکە ڕۆیشتن و هاتنە لەیش، تەماشایان کرد ئەو گەلەی تێیدایە بە ئاسوودەیی دەژین، وەك نەریتی سەیدائییەکان، ئاسوودە و خاوەن متمانە بوون، چونکە زەوییەکە لە هیچ شتێکدا کەموکوڕی نەبوو و دەوڵەمەندیش بوون. جگە لەوەش لە سەیدائییەکانەوە دووربوون و پەیوەندیشیان بە کەسەوە نەبوو.

٨ جا هاتنەوە بۆ لای خزمەکانیان بۆ چۆرعا و ئەشتائۆل و خزمەکانیان لێیان پرسین: «ها هەواڵ چی بوو؟»

٩ ئەوانیش گوتیان: «هەستن با بچینە سەریان،

---

[a] ٤ نزیکەی ٢,٣ کیلۆگرام.

[b] ٥ ئێفۆد: جلوبەرگێك بووە کە هێمای نوێنەرایەتی کاهین بوو بۆ گەلی خودا. بڕوانە دەرچوون ١٢:٢٨.

[c] ٥ لە زمانی عیبری ئەم وشەیە مەبەستی لە جۆرێك بت بووە لەناو ماڵەوە، لە شێوەی مرۆڤ بووە.

[d] ١٠ نزیکەی ١١٠ گرام.

چونکە بینیمان خاکەکە زۆر چاکە، جا بێدەنگ مەبن و لە ڕۆیشتن تەمبەڵی مەکەن بۆ ئەوەی بچنە ناو خاکەکەوە و ببن بە خاوەنی. [١٠]کاتێك دەگەنە ئەوێ، گەلێکی خاوەن متمانە و خاکێکی لە دوو لاوە بەر فراوان دەبینن. خودا خستوویەتییە ژێر دەستتانەوە و شوێنێکە لەسەر ڕووی زەوی کەموکوڕی لە هیچ شتێك نییە.»

[١١]ئیتر شەش سەد پیاوی چەکدار لە خێڵی دانییەکان لە چۆرعا و ئەشتائۆلەوە بۆ شەڕکردن بەڕێکەوتن. [١٢]پیاوەکان سەرکەوتن و لە قیریەت یەعاریم لە یەهودا چادریان هەڵدا، لەبەر ئەوە هەتا ئەمڕۆش بەو شوێنە دەگوترێت مەحەنێی دان[a]، شوێنەکەش لە ڕۆژئاوای قیریەت یەعاریمەوەیە. [١٣]لەوێشەوە پەڕینەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم و هاتن بۆ ماڵی میخا.

[١٤]ئینجا ئەو پێنج پیاوەی کە بۆ سیخوڕیکردن بەسەر خاکی لەیشەوە چووبوون، بە خزمەکانیان گوت: «ئایا دەزانن لەم ماڵەدا ئێفۆد و بت و پەیکەری داتاشراو و بتی لەقاڵبدراو هەیە؟ کەواتە ئێستا بیربکەنەوە چی بکەن.» [١٥]ئینجا ڕوویان کردە ئەوێ و هاتن بۆ ماڵی میخا، سڵاویان لە کوڕە لێڤییەکە کرد. [١٦]شەش سەد پیاوە چەکدارەکەی نەوەی دان بە هەموو چەك و تفاقەوە لەبەردەم دەرگاکە ڕاوەستان. [١٧]ئەو پێنج پیاوەی کە بۆ سیخوڕیکردن بەسەر خاکەکەوە چووبوون، سەرکەوتن و چوونە ژوورەوە بۆ ئەوێ، پەیکەرە داتاشراوەکە و ئێفۆدەکە و بتەکان و بتە لەقاڵبدراوەکەیان برد، کاهینەکەش لەبەردەم دەرگاکە لەگەڵ شەش سەد پیاوە چەکدارەکە ڕاوەستابوو.

[١٨]کاتێك پێنج پیاوەکە چوونە ناو ماڵی میخا و پەیکەرە داتاشراوەکە و ئێفۆدەکە و بتەکان و بتە لەقاڵبدراوەکەیان برد، کاهینەکە لێی پرسین: «ئەوە چی دەکەن؟»

[١٩]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «بێدەنگ بە! دەستت بخەرە سەر دەمت و لەگەڵمان وەرە، ببە بە باوك و کاهینمان. چاکترە کاهینی ماڵی یەك پیاو بیت، یاخود کاهینی هۆزێك و خێڵێك لە ئیسرائیلدا؟» [٢٠]ئیتر کاهینەکەش دڵخۆش بوو، ئێفۆدەکە و بتەکان و پەیکەرە داتاشراوەکەی برد و چووە ڕیزی گەلەکەوە. [٢١]ئینجا ڕۆیشتن، منداڵ و ئاژەڵی ماڵی و هەرچی بەهادار بوو دایانە پێش خۆیان.

[٢٢]کاتێك لە ماڵی میخا دوورکەوتنەوە ئەو پیاوانەی کە لەناو ماڵەکانی نزیك ماڵی میخا بوون، دوای نەوەی دان کەوتن و پێیان گەیشتن. [٢٣]هاواریان لە نەوەی دان کرد. ئەوانیش ئاوڕیان دایەوە و بە میخایان گوت: «ئەوە چیتە، پیاوەکانت بانگکردووە بۆ ئەوەی شەڕ بکەن؟»

[٢٤]ئەویش گوتی: «ئەو بتانەی دروستم کردن لەگەڵ کاهینەکە بردووتانە و ڕۆیشتوون، هیچم بۆ نەماوەتەوە، ئیتر چۆن پێم دەڵێن، ”ئەوە چیتە؟“»

[٢٥]نەوەی دانیش وەڵامیان دایەوە: «با لەنێوماندا گوێمان لە دەنگت نەبێت، نەوەك ئەم پیاوە سەرگەرمانە پەلامارت بدەن و گیانی خۆت و خێزانەکەت بکێشن.» [٢٦]ئینجا نەوەی دان ڕێگای خۆیان گرتەبەر، کە میخاش بینی لەو بەهێزترن، گەڕایەوە و چووەوە بۆ ماڵەکەی.

[٢٧]بەڵام ئەوان ئەوەی میخا دروستی کردبوو لەگەڵ کاهینەکەیدا بردیان و چوونە لەیش، بۆ لای گەلێکی ئاسوودە و خاوەن متمانە، جا دایانە بەر شمشێر و شارەکەیان سووتاند. [٢٨]کەسیش نەبوو بە هانای بگات، چونکە شارەکە لەناو دۆڵی بێتڕەحۆڤ بوو کە لە سەیدائەوە دوور بوو، پەیوەندیشیان بە کەسەوە نەبوو.

ئینجا دانییەکان شارەکەیان بنیاد ناوە و تێیدا نیشتەجێ بوون و [٢٩]شارەکەیان ناونا دان، بە ناوی دانی باپیر گەورەیانەوە کە یەکێك بوو لە کوڕەکانی ئیسرائیل[b]، بەڵام پێشتر شارەکە ناوی لەیش بوو. [٣٠]ئینجا نەوەی دان پەیکەرە داتاشراوەکەیان بۆ خۆیان دانا و یۆناتانی کوڕی گێرشۆمی کوڕی موسا

[a] ١٢ مەحەنێی دان: واتە ئۆردوگای دان.

[b] ٢٩ لە کوڕەکانی ئیسرائیل: واتە یەکێك بوو لە کوڕەکانی یاقوب.

خۆی و کوڕەکانی بوون بە کاهینی هۆزی دانییەکان هەتا ڕۆژی ڕاپێچکردنی خەڵکی خاکەکە. [٣١]بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ماڵی خودا لە شیلۆ بوو، ئەو پەیکەرە داتاشراوەی کە میخا دروستی کردبوو بۆ خۆیان دایاننا.

## پیاوێکی لێڤی و کەنیزەکەی

١٩ لەو سەردەمەدا هیچ پاشایەك لەناو ئیسرائیلدا نەبوو.

پیاوێکی لێڤی لە شوێنێکی دوورەدەستی ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایمدا نیشتەجێ بوو، کەنیزەیەکی هێنا خەڵکی بێتلەحمی یەهودا بوو. [٢]ئیتر کەنیزەکە داوێنپیسی کرد و چووەوە بۆ ماڵی باوکی لە بێتلەحمی یەهودا، چوار مانگ لەوێ مایەوە. [٣]ئینجا پیاوەکەی هەستا و بەدوایدا چوو بۆ ئەوەی ئاشتی بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە، ئیتر خزمەتکارەکەی و دوو گوێدرێژی لەگەڵ خۆی برد. ژنەکەش پیاوەکەی بردە ناو ماڵی باوکی. کاتێك باوکی کیژەکە بینی بە دڵخۆشییەوە بەخێرهاتنی کرد. [٤]خەزووری واتە باوکی کیژەکە گلی دایەوە و سێ ڕۆژ لەگەڵیدا مایەوە، خواردیان و خواردیانەوە و لەوێ مایەوە.

[٥]لە ڕۆژی چوارەمدا بەیانی زوو لە خەو هەستان و لێڤییەکە خۆی ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن، باوکی کیژەکە بە زاواکەی گوت: «تۆ بە پارووە نانێك بەری دڵت بگرە و پاشان لەگەڵ ئەوان بڕۆ.» [٦]ئینجا هەردووکیان دانیشتن و خواردیان و پێکەوە خواردیانەوە، باوکی کیژەکە بە پیاوەکەی گوت: «ڕازی بە و ئەمشەویش بە خۆشی بەسەربەرە.» [٧]جا کە پیاوەکە هەستا بڕوات، خەزووری زۆری لێکرد، تاکو شەوێکی دیکە لەوێ بمێنێتەوە. [٨]پاشان بۆ سبەینێ لە ڕۆژی پێنجەمدا هەستا بۆ ئەوەی بڕوات، باوکی کیژەکە گوتی: «بەری دڵت بگرە ئینجا بڕۆ!» ئینجا هەتا دوای نیوەڕۆ مانەوە و هەردووکیان نانیان خوارد.

[٩]ئیتر پیاوەکە هەستا بۆ ئەوەی لەگەڵ کەنیزەکەی و خزمەتکارەکەیدا بڕوات، جا خەزووری، واتە باوکی کیژەکە، گوتی: «ئەوا ڕۆژ لە ئاوابوونە، لەبەر ئەوە بمێنەوە. وا کۆتایی ڕۆژە، ئەمشەویش بە خۆشی بەسەربەرە، سبەینێ زوو بکەوە ڕێ و بگەڕێوە بۆ شوێنی خۆت.» [١٠]بەڵام پیاوەکە نەیویست بمێنێتەوە، بەڵکو هەستا و ڕۆیشت، گەیشتە بەرامبەر یەبوس، واتە ئۆرشەلیم، دوو گوێدرێژە کورتانکراوەکەی و کەنیزەکەی لەگەڵدا بوو.

[١١]لەو کاتەدا لە نزیك یەبوس بوون و ڕۆژ زۆر نزیك بوو لە ئاوابوون، خزمەتکارەکە بە گەورەکەی گوت: «وەرە با بچین بۆ ئەم شارەی یەبوسییەکان و تێیدا بمێنینەوە.»

[١٢]بەڵام گەورەکەی پێی گوت: «ناچین بۆ شارێکی بێگانە کە هیچ کەسێکی لێ نییە لە نەوەی ئیسرائیل بێت، بەڵکو دەپەڕینەوە بۆ گیڤعا.» [١٣]ئینجا بە خزمەتکارەکەی گوت: «با بەرەو پێش بچین، بەڵکو شەو لە گیڤعا یان لە ڕامە بمێنینەوە.» [١٤]ئیتر پەڕینەوە و ڕۆیشتن، لە نزیك گیڤعای بنیامینەوە خۆریان لێ ئاوابوو. [١٥]بەلای گیڤعادا لایاندا و چوونە ئەوەی تاکو شەو لەوێ بمێننەوە. لە مەیدانی شارەکە دانیشتن، بەڵام کەس نەیگرتنە خۆیان بۆ ئەوەی لە ماڵەکەیدا بمێننەوە.

[١٦]لەو کاتەدا پیرەمێردێك دەمەو ئێوارە لە کێڵگەوە لە کار دەگەڕایەوە، ئەم پیاوە خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم بوو، لە گیڤعادا نیشتەجێ بوو، خەڵکی شارەکەش بنیامینی بوون. [١٧]پیرەمێردەکە چاوی هەڵبڕی و پیاوە ڕێبوارەکەی لەناو مەیدانی شارەکەدا بینی، پێی گوت: «بۆ کوێ دەچیت و لەکوێوە هاتوویت؟»

[١٨]ئەویش پێی گوت: «ئێمە لە بێتلەحمی یەهوداوە هاتووین بۆ شوێنێکی دوورەدەستی ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم دەچین. من خەڵکی ئەوێم و چووم بۆ بێتلەحمی یەهودا، ئێستا بەرەو ماڵی یەزدان[a] دەچم و کەسیش نییە بمگرێتە خۆی. [١٩]هەروەها کا و ئالیکمان پێیە بۆ گوێدرێژەکانمان،

[a] ١٨ ماڵی یەزدان: مەبەست لە شوێنی لێڤییەکەیە، دەشێت بەشێك لە ماڵی خۆی بێت.

خۆم و ژنەکەم و خزمەتکارەکەم نان و شەرابمان پێیە. پێویستمان بە هیچ نییە.»
[٢٠]پیرەمێردەکە گوتی: «بەخێر بێیت، هەموو پێداویستییەکانت لەسەر من، بەڵام لە مەیدانەکە مەمێنەوە.» [٢١]ئینجا بردی بۆ ماڵی خۆی و ئالیکی دایە گوێدرێژەکانیان، قاچیان شوشت و خواردیان و خواردیانەوە.

[٢٢]لەو کاتەدا کە دەحەوانەوە، پیاوە بەدڕەوشتەکانی شارەکە ماڵەکەیان گەمارۆ دا و لە دەرگاکەیان دا، لەگەڵ پیرەمێردەکەی خاوەنی ماڵەکە قسەیان کرد و گوتیان: «ئەو پیاوەی کە هاتە ناو ماڵەکەت بیهێنە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵی جووت بین.»

[٢٣]خاوەن ماڵەکە چووە دەرەوە بۆ لایان و پێی گوتن: «نا براکانم، کاری خراپ مەکەن. لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە هاتووەتە ناو ماڵەکەی من، ئەم بێ ئابڕووییە مەکەن. [٢٤]ئەوەتا کچە پاکیزەکەم و کەنیزەی پیاوەکە، تکایە با بیانهێنمە دەرەوە و لاقەیان بکەن، چیتان پێ خۆشە لەگەڵیاندا بیکەن، بەڵام ئەم بێ ئابڕووییە لەگەڵ ئەم پیاوەدا مەکەن.»

[٢٥]بەڵام پیاوەکان نەیانویست گوێی لێ بگرن. ئیتر پیاوەکە کەنیزەکەی گرت و ناردییە دەرەوە بۆیان. ئەوانیش بە درێژایی شەو هەتا بەیانی لاقەیان کرد و بە خراپی لەگەڵیدا ڕایانبوارد، بەرەبەیان بەڕەڵایان کرد. [٢٦]بەرەبەیان ژنەکە هات و هەتا ڕۆژ بووەوە لە بەردەرگای ماڵی پیاوەکەدا کەوت، کە گەورەکەشی لەوێ بوو.

[٢٧]کاتێک گەورەکەی بەیانی هەستا و دەرگاکانی ماڵەکەی کردەوە و هاتە دەرەوە هەتا بەڕێ بکەوێت، لەو کاتەدا ژنە کەنیزەکەی لە بەردەرگای ماڵەکە کەوتبوو و دەستی لەسەر سەکۆیەکە بوو. [٢٨]پێی گوت: «هەستە با بڕۆین.» بەڵام وەڵام نەبوو. ئینجا خستییە سەر گوێدرێژەکە و گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.

[٢٩]کاتێک گەیشتەوە ماڵ، چەقۆیەکی هێنا و کەنیزەکەی گرت و پەلپەلی کرد، کردی بە دوازدە پارچە و ناردنی بۆ هەموو هەرێمەکانی ئیسرائیل. [٣٠]جا هەرکەسێک بینی گوتی: «لە ڕۆژی کۆچکردنی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسرەوە هەتا ئەمڕۆ شتی وا نەبووە و نەبینراوە. لێی وردبنەوە و ڕاوێژ بکەن و قسەی لەسەر بکەن!»

## جەنگی ئیسرائیل لەگەڵ بنیامین

٢٠ ئینجا هەموو نەوەی ئیسرائیل هاتنە دەرەوە و کۆمەڵەکە وەک یەک پیاو لەبەردەم یەزدان کۆبوونەوە[a] لە میچپا، لە دانەوە هەتا بیری شابەع[b] و هەروەها خاکی گلعاد. [٢]سەرۆکەکانی هەموو گەل، هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل لە کۆبوونەوەی گەلی خودا وەستان و ژمارەیان چوار سەد هەزار پیادەی شمشێر بەدەست بوو. [٣]نەوەی بنیامینیش بیستیانەوە کە نەوەی ئیسرائیل سەرکەوتوون بۆ میچپا. جا نەوەی ئیسرائیل گوتیان: «قسە بکەن ئەم کارە خراپە چۆن ڕوویدا؟»

[٤]پیاوە لێڤییەکە مێردی ژنە کوژراوەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: «من و کەنیزەکەم هاتینە گیڤعای بنیامین بۆ ئەوەی شەو لەوێ بەسەربەرین. [٥]جا خەڵکی گیڤعا شەو هاتنە سەرم و لە ماڵەکەدا گەمارۆیان دام و بەتەمابوون بمکوژن، کەنیزەکەی منیان لاقە کرد هەتا مرد. [٦]منیش کەنیزەکەی خۆمم گرت و لەتلەتم کرد و ناردم بۆ هەموو هەرێمەکانی ئیسرائیل، چونکە ئەوانە ئەوپەڕی بەدڕەوشتییان لە ئیسرائیل ئەنجام داوە. [٧]ئێستاش هەموو نەوەی ئیسرائیل لێرەیە، جا ڕاوێژ و بڕیاری خۆتان بڵێن.»

[٨]ئینجا هەموو گەل وەک یەک پیاو هەستان و گوتیان: «کەس لە ئێمە ناچێتەوە بۆ چادرەکەی و کەسیش لا نادات بۆ ماڵەکەی. [٩]ئێستاش ئەمە ئەو کارەیە کە بە گیڤعای دەکەین: بەپێی تیروپشک، لە دژیان سەردەکەوین. [١٠]لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا بۆ جیاکردنەوەی دە پیاو لە هەر سەد

[a] ١ ئەو کەسانەی کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی لەشکر. بڕوانە ٥:٢١.

[b] ١ واتە لە باکووری ئیسرائیل هەتا باشوور.

پیاوێك و سەد لە هەزار و هەزار لە دە هەزار جیا
دەکەینەوە بۆ هێنانی خواردن بۆ سوپا بۆ ئەوەی لە
کاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ گیڤعای بنیامین بەپێی
هەموو ئەو بێ ئابڕووییەی لە ئیسرائیل کردیان، سزا
بدرێن.» [١١]ئینجا هەموو پیاوانی ئیسرائیل وەك یەك
پیاو کۆبوونەوە لە دژی شارەکە.

[١٢]جا هۆزەکانی ئیسرائیل چەند پیاوێکیان بۆ
هەموو هۆزەکانی بنیامین نارد و گوتیان: «ئایا ئەو
بەدکارییە چی بوو لەنێوتاندا ڕوویدا؟ [١٣]جا ئێستا
ئەو پیاوە بەدڕەوشتانەی کە لە گیڤعادان بیاندەنە
دەستمان بۆ ئەوەی بیانکوژین و خراپە لە ئیسرائیلدا
ڕیشەکێش بکەین.»

بەڵام نەوەی بنیامین نەیانویست گوێ لە براکانیان
و لە نەوەی ئیسرائیل بگرن. [١٤]ئینجا نەوەی بنیامین
لە شارۆچکەکانی خۆیانەوە بۆ گیڤعا کۆبوونەوە هەتا
بۆ جەنگان لە دژی ئیسرائیل بێنە دەرەوە. [١٥]نەوەی
بنیامین لەو ڕۆژەدا لە شارۆچکەکانی خۆیانەوە
بیست و شەش هەزار پیاوی شمشێر بە دەستیان
کۆکردەوە جگە لە دانیشتووانی گیڤعا کە ژمارەیان
حەوت سەد پیاوی هەڵبژاردە بوو. [١٦]لە هەموو ئەم
گەلە حەوت سەد پیاوی هەڵبژاردەی هەبوون کە
بە دەستی چەپ بە بەردەقانی[a] نیشانیان لە موو
دەگرت و دەیانپێکا.

[١٧]جا نەوەی ئیسرائیلیش بێجگە لە بنیامین، چوار
سەد هەزار پیاوی شمشێر بەدەستیان کۆکردەوە و
هەموویان پیاوی جەنگ بوون.

[١٨]جا نەوەی ئیسرائیل هەستان و سەرکەوتن بۆ
بێتئێل و پرسیاریان لە خودا کرد و گوتیان: «کێ لە
ئێمە یەکەم جار سەردەکەوێت بۆ جەنگ لە دژی
نەوەی بنیامین؟»

یەزدانیش گوتی: «یەکەم جار یەهودا.»

[١٩]ئینجا بۆ بەیانی نەوەی ئیسرائیل هەستان
و چادریان هەڵدا لە دژی گیڤعا. [٢٠]ئینجا پیاوانی
ئیسرائیل بۆ جەنگ لە دژی بنیامین هاتنە دەرەوە
و پیاوانی ئیسرائیل لە نزیك گیڤعاوە بۆ جەنگ
ڕیزیان بەست. [٢١]نەوەی بنیامینیش لە گیڤعاوە هاتنە
دەرەوە و لەو ڕۆژەدا بیست و دوو هەزار پیاویان لە
نەوەی ئیسرائیل لەناوبرد. [٢٢]بەڵام پیاوانی ئیسرائیل
یەکتریان هاندا و دووبارە بۆ جەنگ لەو شوێنەدا
ڕیزیان بەستەوە کە لە ڕۆژی یەکەمدا تێیدا ڕیزیان
بەست. [٢٣]پاشان نەوەی ئیسرائیل سەرکەوتن و هەتا
ئێوارە لەبەردەم یەزدان گریان و پرسیاریان لە یەزدان
کرد و گوتیان: «ئایا بگەڕێینەوە بۆ جەنگ لە دژی
بنیامینی برامان؟»

یەزدانیش گوتی: «سەربکەونە سەرەوە بۆیان.»

[٢٤]ئینجا نەوەی ئیسرائیل لە ڕۆژی دووەمدا لە
دژی نەوەی بنیامین چوونە پێشەوە و [٢٥]بنیامینیش
لە ڕۆژی دووەمدا لە گیڤعاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان
چوونە دەرەوە و دووبارە هەژدە هەزار پیاویان
لە نەوەی ئیسرائیل لەناوبرد کە هەموو شمشێر
بەدەست بوون.

[٢٦]ئینجا هەموو نەوەی ئیسرائیل، هەموو گەل
سەرکەوتن، هاتن بۆ بێتئێل و گریان، لەوێدا
لەبەردەم یەزداندا دانیشتن، لەو ڕۆژەدا هەتا ئێوارە
بە ڕۆژوو بوون و قوربانی سووتاندن و قوربانی
هاوبەشییان[b] لەبەردەم یەزدان پێشکەش کرد. [٢٧]جا
نەوەی ئیسرائیل لە یەزدانیان پرسی. لەو سەردەمەدا
سندوقی پەیمانی خودا لەوێ بوو، [٢٨]هەروەها لەو
سەردەمەدا فینەحاسی کوڕی ئەلعازاری کوڕی
هارون لەبەردەمیدا خزمەتی دەکرد. لە یەزدانیان
پرسی و گوتیان: «ئایا بگەڕێینەوە بۆ جەنگ لە دژی
نەوەی بنیامینی برامان یان واز بهێنین؟»

یەزدانیش گوتی: «سەربکەون، چونکە سبەینێ
دەیاندەم بەدەستتانەوە.»

[٢٩]ئینجا نەوەی ئیسرائیل لە چواردەوری گیڤعا
بۆسەیان دانا و [٣٠]لە ڕۆژی سێیەم هێرشیان کردە

[a] ١٦ بەردەقانی: قۆچەقانی.

[b] ٢٦ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

سەر نەوەی بنیامین و وەك جاری یەکەم و دووەم لە نزیك گیڤعاوە ڕیزیان بەست. ٣١نەوەی بنیامینیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەل چوونە دەرەوە و لە شارەکە دوورکەوتنەوە. وەك دوو جارەکەی پێشتر دەستیان بە لێدانی گەل کرد و نزیکەی سی پیاویان لە نەوەی ئیسرائیل کوشت، لەو دوو ڕێگایەی کە یەکێکیان سەردەکەوت بۆ بێتئێل و ئەوەی دیکەیان لە دەشتودەرەوە بۆ گیڤعا دەچوو.

٣٢نەوەی بنیامین گوتیان: «وەك یەکەم جار لەبەردەمماندا بەزیوون.» بەڵام نەوەی ئیسرائیل گوتیان: «با هەڵبێین و لە شارەکە دووریان بخەینەوە بەرەو ڕێگاکان.»

٣٣ئینجا هەموو پیاوانی ئیسرائیل لە شوێنەکانیانەوە هەستان و لە بەعل‌تاماردا ڕیزیان بەست، ئیسرائیلییەکان لە بۆسەکەیانەوە لە ڕۆژئاوای گیڤعا ڕاپەڕین. ٣٤لە بەرامبەر گیڤعاوە دە هەزار پیاوی هەڵبژاردە لە هەموو ئیسرائیلەوە هاتن و شەڕەکە گەرم بوو، بەڵام بنیامینییەکانیش نەیانزانی کە چ بەڵایەکیان بەسەرهاتووە. ٣٥جا یەزدان لەبەردەم ئیسرائیلدا لە نەوەی بنیامینی دا و نەوەی ئیسرائیل لەو ڕۆژەدا بیست و پێنج هەزار و سەد پیاویان لە بنیامین لەناوبرد و هەموو ئەوانەش شمشێر بە دەست بوون. ٣٦ئینجا نەوەی بنیامین بینییان کە تێکشکاون.

پیاوانی ئیسرائیلیش لە بەرامبەر بنیامین کشانەوە، چونکە ئەوان پشتیان بەو بۆسەیە بەستبوو کە لە گیڤعادا نابوویانەوە. ٣٧ئینجا پیاوانی بۆسەکە هەستان و چوونە ناو گیڤعاوە و شاڵاویان برد و بە شمشێر لە هەموو شارەکەیان دا. ٣٨نیشانەی نێوان پیاوانی ئیسرائیل و پیاوانی بۆسەکەش ئەوە بوو کە دووکەڵێکی زۆر لە شارەکەوە بەرز بکەنەوە، ٣٩جا پیاوانی ئیسرائیل لە جەنگەکەدا ئاوڕ دەدەنەوە و دەگەڕێنەوە.

پێشتر نەوەی بنیامین سی پیاویان لە نەوەی ئیسرائیل کوشتبوو و گوتیان: «بە دڵنیاییەوە وەك جەنگی یەکەم لەبەردەمماندا بەزیوون.» ٤٠ئینجا کاتێك ستوونی دووکەڵ لە شارەکە بەرزبووەوە، نەوەی بنیامین ئاوڕیان دایەوە بۆ دواوە و تەماشایان کرد دووکەڵی هەموو شارەکە بە ئاسماندا دەچێت. ٤١ئینجا پیاوانی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆیان و پیاوانی بنیامین تۆقین، چونکە زانییان بەڵایان بەسەرهاتووە. ٤٢جا لەبەردەم پیاوانی ئیسرائیلدا بەرەو دەشتودەر هەڵاتن، بەڵام شەڕەکە پێیان گەیشت و ئەوانەش چووبوونە ناو شارۆچکەکانەوە لێیان ڕاپەڕین و لەناویانبردن. ٤٣ئینجا بنیامینەکانیان گەمارۆ دا و بە ئاسانی ڕاویان نان و بەرامبەر بە گیڤعا لەلای ڕۆژهەڵاتەوە پێیان گەیشتنەوە. ٤٤جا هەژدە هەزار جەنگاوەری بە توانا لە بنیامین کوژران. ٤٥ئینجا بەرەو دەشتودەر سووڕانەوە و بۆ تاشەبەردی ڕیمۆن هەڵاتن، جا لە ڕێگادا پێنج هەزار پیاویان لێ کوشتن. هەتا گدعۆم ڕاویان نان و دوو هەزار پیاوی دیکەیان لێ کوشتن.

٤٦لەو ڕۆژەدا بیست و پێنج هەزار پیاوی شمشێر بەدەست لە بنیامین کوژران و هەموویان جەنگاوەری بە توانا بوون. ٤٧بەڵام شەش سەد پیاو سووڕانەوە و بەرەو دەشتودەر هەڵاتن بۆ تاشەبەردی ڕیمۆن و چوار مانگ لە تاشەبەردی ڕیمۆندا مانەوە. ٤٨ئینجا پیاوانی نەوەی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ نەوەی بنیامین و لەناو هەموو شارەکەدا بە شمشێر لە خۆیان و ئاژەڵەکانیان و لە هەموو شتەکانی شارەکەیان دا و هەروەها هەموو ئەو شارۆچکانەی پێی گەیشتن سووتاندیانن.

## پەیداکردنی ژن بۆ نەوەی بنیامین

٢١ پێشتر پیاوانی ئیسرائیل لە میچپا سوێندیان خواردبوو و گوتبوویان: «کەس لە ئێمە کچی خۆی ناداتە نەوەی بنیامین بۆ هاوسەرگیری.»

٢ئینجا گەل چوون بۆ بێتئێل و هەتا ئێوارە لەوێدا لەبەردەم خودا مانەوە و دەنگیان بەرزکردەوە و گریان، گریانێکی بەکوڵ. ٣گوتیان: «ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، بۆچی ئەمە لە ئیسرائیلدا ڕوویدا، هەتا ئەمڕۆ نەوەی ئیسرائیل هۆزێك لە دەست بدات؟»

[٤]بۆ ڕۆژی دواتر گەل زوو هەستا و لەوێدا قوربانگایەکیان دروستکرد و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد.

[٥]ئینجا نەوەی ئیسرائیل گوتیان: «لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل کێ بۆ کۆبوونەوەکە نەهاتە بەردەم یەزدان؟»[a] چونکە سوێندێکی گەورەیان خواردبوو دەربارەی ئەو کەسەی نایەتە میچپا بۆ بەردەم یەزدان کە دەبێ ئەو کەسە بکوژرێت.

[٦]ئینجا نەوەی ئیسرائیل ئاخیان بۆ بنیامینی برایان هەڵکێشا و گوتیان: «ئەمڕۆ هۆزێك لە ئیسرائیلدا دابڕا. [٧]بۆ ئەوانەی لێیان ماونەتەوە چی بکەین لەبارەی ژنەوە، چونکە ئێمە سوێندمان بە یەزدان خواردووە کە لە کچەکانمان ژنیان نەدەینێ؟» [٨]ئینجا گوتیان: «چ هۆزێك لە هۆزەکانی ئیسرائیل نەهاتووەتە بەردەم یەزدان بۆ میچپا؟» جا بۆیان دەرکەوت کەس لە دانیشتووانی یابێش گلعاد بۆ کۆبوونەوەکەی ئۆردوگا نەهاتووە، [٩]چونکە کاتێك گەلیان ژمارد، تەماشایان کرد تەنها یەك پیاویش لە دانیشتووانی یابێش گلعاد نەهاتووە.

[١٠]ئینجا کۆمەڵەکە دوازدە هەزار جەنگاوەریان بۆ ئەوێ نارد و ڕایانسپاردن و گوتیان: «بڕۆن و دانیشتووانی یابێش گلعاد بدەنە بەر شمشێر، بە ژن و منداڵەکانیشەوە. [١١]دەبێت ئەمەش بکەن، هەموو نێرێك و هەموو ئافرەتێك لەناو ببەن کە لەگەڵ نێر پاڵکەوتبێت.» [١٢]جا لە دانیشتووانی یابێش گلعاددا چوار سەد کچی پاکیزەیان بینییەوە کە لەگەڵ پیاو سەرجێییان نەکردبوو، ئەوانیان هێنا ئۆردوگاکە لە شیلۆ ئەوەی لە خاکی کەنعان بوو.

[١٣]ئینجا هەموو کۆمەڵەکە ناردیان و لەگەڵ نەوەی بنیامین ئەوانەی لە تاشەبەردی ڕیمۆندا بوون قسەیان کرد و بانگیان کردن بۆ ئاشتبوونەوە. [١٤]جا لەو کاتەدا نەوەی بنیامین گەڕانەوە و ئەو کچانەیان دانێ کە لە یابێش گلعاد بە زیندوویی هێشتبوونیانەوە، بەڵام هێشتا بەشی هەموو پیاوەکانی نەوەی بنیامینی نەکرد. [١٥]گەلیش ئاخیان بۆ نەوەی بنیامین هەڵکێشا، چونکە یەزدان کەلێنی کردە ناو هۆزەکانی ئیسرائیلەوە. [١٦]ئینجا پیرانی کۆمەڵەکە گوتیان: «ژن لە نەوەی بنیامین نەماوە، چی بۆ ئەوانی دیکە بکەین لەبارەی ژنانەوە؟ [١٧]پێویستە دەربازبووەکانی بنیامین میراتگریان هەبێت، تاکو هیچ هۆزێك لە ئیسرائیل نەسڕێتەوە. [١٨]ئێمەش ناتوانین لە کچەکانمان ژنیان بدەینێ، چونکە نەوەی ئیسرائیل سوێندیان خواردووە و گوتوویانە ”نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی ژن دەدات بە نەوەی بنیامین.“ [١٩]ئەوەتا هەموو ساڵێك لە شیلۆدا جەژن دەگێڕن بۆ یەزدان، لە باکووری بێت‌ئێل لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ڕێگایەی لە بێت‌ئێلەوە سەردەکەوێت بۆ شەخەم و لە باشووری لەڤۆنە.»

[٢٠]ئینجا فەرمانیان دا بە نەوەی بنیامین و گوتیان: «بڕۆن و لە ڕەزەمێوەکاندا بۆسە بنێنەوە و [٢١]چاوەڕێ بکەن هەتا کچانی شیلۆ دەچنە ناو سەماکردن، ئینجا ئێوە لە ڕەزەمێوەکانەوە وەرنە دەرەوە و هەریەکە و کچێك لە کچەکانی شیلۆ بۆ خۆتان بڕفێنن، بگەڕێنەوە بۆ خاکی بنیامین. [٢٢]جا ئەگەر باوك و براکانیان هاتن بۆ ئەوەی سکاڵامان لەلا بکەن، پێیان دەڵێین: ”لەبەر ئێمە بەزەییتان پێیاندا بێتەوە، چونکە لە جەنگدا بۆ هەریەکیان ژنێکمان دەست نەکەوت. ئێوەش تاوانبار نین لە شکاندنی سوێندتان، چونکە بە ڕەزامەندی خۆتان کچەکانتان نەدانێ.“»[b]

[٢٣]ئینجا نەوەی بنیامین ئاوایان کرد و بەپێی ژمارەیان ژنیان بۆ خۆیان لەو سەماکەرانە ڕفاند، ڕۆیشتن و گەڕانەوە بۆ میراتەکەیان[c] و شارۆچکەکانیان بنیاد ناوە و تێیاندا نیشتەجێ بوون.

[٢٤]ئینجا لەو کاتەدا نەوەی ئیسرائیل هەریەکە گەڕایەوە بۆ هۆزەکەی و خێڵەکەی. هەریەکە لەوێوە چووە دەرەوە بۆ میراتەکەی.

[٢٥]لەو سەردەمەدا هیچ پاشایەك لەناو ئیسرائیلدا نەبوو و هەرکەس ئەوەی دەکرد کە لەبەرچاوی خۆی ڕاست بوو.

---

[a] ٥ ئەو کەسانەی کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی لەشکر. بڕوانە ١:٢٠.

[b] ٢٢ بڕوانە ئایەتی ٧.

[c] ٢٣ بۆ میراتەکەیان: بڕوانە یەشوع ١١:١٨-٢٨.

# ڕائووس

**کورتە باسێك**

**خودا تەنانەت لە تاریکترین ڕۆژانیش چاودێری گەلەکەی دەکات، هەروەها پلانەکەی دەپارێزێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، جولەکە و هەموو نەتەوەکانی دیکە پێکەوە.**

ڕووداوەکانی ئەم پەڕتووکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ڕابەرەکان ڕوویانداوە، تێیدا ڕووکارێك ڕەنگ دەداتەوە لەو ڕووکارانەی کاتێك ئاژاوە ناوچەکەی گرتبووەوە. جگە لەوە ئەم پەڕتووکە لایەنی کارەساتبار باس ناکات کە لە خاکەکە خوێن دەڕژا لە ئەنجامی خراپەی مرۆڤ، بەڵکو چیرۆکێکی جوانمان پێشکەش دەکات کە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی تێکەڵی هەستی مرۆڤ بووە. ئەوە چیرۆکی ڕائووسە کە پێداگری کرد لەوەی لەگەڵ ناعۆمیی خەسووی بمێنێتەوە لەدوای ئەوەی ئەو ژنە تووشی کارەسات بوو، خودا بەوە پاداشتی ڕائووسی دایەوە کە هاوسەرگیری لەگەڵ بوعەز کرد و کوڕێکی لێی بوو. هەروەها خودا نەوەی بە ناعۆمیش بەخشی، داود پاشا لە ڕەچەڵەکی ئەو خێزانە لەدایك بوو.

بابەتی سەرەکی ئەم پەڕتووکە سەبارەت بە زۆری بەرەکەتەکانی خودایە کە دەبێتە پاداشت بۆ ئەوانەی فەرمانەکانی پەیڕەو دەکەن، تەنانەت لە کاتی تەنگانە و ناخۆشیش. بەها سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی لە خۆشویستن و باوەڕ و متمانە و چاکە لە بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزن، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەچێت وەك ڕووناکییەکی درەوشاوە بۆ ئەوانە دەبێت کە لە واتای ڕەسەن دەگەڕێن بۆ ژیان.

لەم پەڕتووکە وشەیەك هەیە کە زۆر گرنگی پێدراوە، ئەویش وشەی *(خوێنگر)*ـە. بەگوێرەی دەستووری دابەشکردنی زەوی خاکی بەڵێنپێدراو نابێت هیچ خێزانێك موڵکی خۆی لەدەست بدات. ئەگەر بەهۆی هەژاری موڵکەکەیان بفرۆشنە خێزانێکی دیکە، پێویستە لەدوای پەنجا ساڵ بگەڕێنرێتەوە بۆ خێزانەکەی خۆی. هەروەها یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکە مافی هەبوو پێش تەواوبوونی پەنجا ساڵەکە موڵکەکە وەربگرێتەوە، ئەگەر نرخی ئەو ساڵانەی کە ماونەتەوە بداتەوە ئەو کەسەی کە کڕیویەتی. هەروەها خوێنگر مافی تۆڵەکردنەوەی هەیە لە کاتی ڕوودانی کێشەیەك، مافی وەرگرتنی میراتی هەیە ئەگەر کەسێکی دیکەی لەو نزیکتر نەبوو لە کەسەکە.

## ناعۆمی و ڕائووس

١ لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ڕابەرەکان،
قاتوقڕییەك لە خاکەکە سەریهەڵدا. لە
بێتلەحمی یەهوداوە پیاوێك خۆی و ژنەکەی و دوو
کوڕەکەی کۆچیان کرد و پەنایان بۆ وڵاتی مۆئاب
برد. ٢ناوی پیاوەکە ئەلیمەلەخ بوو، ناوی ژنەکەشی
ناعۆمی بوو، ناوی دوو کوڕەکەشی مەحلۆن و
کیلیۆن بوو، لە ئەفراتییەکانی[a] بێتلەحمی یەهودا
بوون. ئیتر هاتن بۆ وڵاتی مۆئاب و لەوێ ژیان.
٣لەوێ ئەلیمەلەخی مێردی ناعۆمی مرد، ناعۆمی
و دوو کوڕەکەی مانەوە و ٤دوو ژنی مۆئابییان هێنا،
یەکێکیان ناوی عۆرپا بوو ئەوەی دیکەیان ڕائووس.
لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ مانەوە. ٥ئینجا مەحلۆن و
کیلیۆن مردن، ئیتر ناعۆمی لە کوڕەکانی و مێردەکەی
بوو.
٦دوای ئەوەی ناعۆمی لە وڵاتی مۆئابدا بیستی کە
خودا گەلەکەی خۆی بەسەرکردووەتەوە و نانی داوە
پێیان، خۆی و بووکەکانی هەستان و وڵاتی مۆئابیان
بەجێهێشت. ٧لەو شوێنەی کە لێی بوون لەگەڵ
بووکەکانی چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە
خاکی یەهودا.
٨ناعۆمی بە بووکەکانی گوت: «هەریەکەتان

[a] ٢ ئەفراتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی ئەفرایم، دووەم کوڕی یوسف. بڕوانە پەیدابوون ٥٢:٤١.

بگەڕێتەوە بۆ ماڵی دایکی خۆی. خودا پاداشتی ئەو چاکەیەتان بداتەوە کە لەگەڵ مردووەکان و مندا کردتان. ٩خودا بتانحەسێنێتەوە هەریەکە و لە ماڵی مێردی خۆی.»

ئینجا ماچی کردن و ئەوانیش بە دەنگی بەرز گریان. ١٠پێیان گوت: «ئێمەش لەگەڵت دێین بۆ لای گەلەکەت.»

١١ناعۆمی گوتی: «کچەکانم بگەڕێنەوە. بۆچی لەگەڵ من دێن؟ ئایا سکم کوڕی تێدا ماوە بۆ ئەوەی ببن بە مێردتان؟ ١٢بگەڕێنەوە و بڕۆن چونکە تازە پیر بووم، ناتوانم شوو بکەمەوە. وا گوتیشم ئومێدی ئەوە هەبوو کە ئەمشەو شوو بکەمەوە و چەند کوڕێکیشم بوو، ١٣ئایا چاوەڕێیان دەکەن هەتا گەورە دەبن؟ ئایا لەبەر ئەوان خۆتان دەبەستنەوە و شوو ناکەنەوە؟ نا کچەکانم. زۆر خەفەت بۆ ئێوە دەخۆم، چونکە خودا خراپەی بەسەرم هێنا».

١٤ئینجا دیسان بە دەنگی بەرزەوە گریان. عۆرپا خەسووی ماچکرد، بەڵام ڕائووس بە توندی لە باوەشی گرت.

١٥ناعۆمی گوتی: «ئەوەتا عۆرپا گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی و خوداوەندەکانی. تۆش لەگەڵ عۆرپا بگەڕێوە.»

١٦ڕائووس گوتی: «زۆرم لێ مەکە بەجێت بهێڵم و وازت لێ بهێنم، چونکە بۆ کوێ بچیت دەچم و لە هەرکوێ بمێنیتەوە دەمێنمەوە. گەلی تۆ گەلی منە و خودای تۆ خودای منە. ١٧لەکوێ بمریت لەوێ دەمرم و هەر لەوێش بە خاك دەسپێردرێم. با یەزدان توندترین سزام بدات، ئەگەر جگە لە مردن شتێك من لە تۆ جیا دەکاتەوە.» ١٨کە بینی سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بڕوات، ئیتر زۆری لێ نەکرد.

١٩ئینجا هەردووکیان ڕۆیشتن هەتا چوونە ناو بێتلەحم. کاتێك گەیشتنە بێتلەحم شارۆچکەکە هەمووی لەبەر ئەوان خرۆشا و گوتیان: «ئایا ئەمە ناعۆمییە؟»

٢٠ئەویش پێی گوتن: «پێم مەڵێن "ناعۆمی"[a]، بەڵکو پێم بڵێن "مارا"[b] چونکە خودای هەرە بە توانا ژیانی زۆر تاڵ کردم. ٢١من بە پڕی ڕۆیشتم و خودا بە بەتاڵی منی هێنایەوە. بۆچی بە ناعۆمی بانگم دەکەن؟ ئەوەتا یەزدان کۆستی خستم، هەرە بە توانا تووشی خراپەی کردم؟»

٢٢ئیتر ناعۆمی و ڕائووسی مۆئابی بووکی، لە وڵاتی مۆئابەوە هاتنەوە و لە سەرەتای دروێنەی جۆ چوونە ناو بێتلەحمەوە.

## چاوپێکەوتنی ڕائووس لەگەڵ بۆعەز

٢ ناعۆمی خزمێکی مێردەکەی هەبوو بە ناوی بۆعەز، پیاوماقوڵی هەمان تیرەی ئەلیمەلەخ بوو.

٢ڕائووسی مۆئابی بە ناعۆمی گوت: «بهێڵە با بچم بۆ کێڵگە و گوڵەجۆ هەڵبگرمەوە لەدوای هەرکەسێك کە لەگەڵم میهرەبان بێت.»

ئەویش پێی گوت: «کچم برۆ.» ٣ڕائووسیش ڕۆیشت و بەدوای دروێنەکەرەکاندا لە کێڵگەیەك گوڵەجۆی هەڵگرتەوە. وا ڕێککەوت کێڵگەکە هی بۆعەز بوو کە لە تیرەی ئەلیمەلەخ بوو.

٤لەو کاتەدا بۆعەز لە بێتلەحمەوە هات و بە دروێنەکەرەکانی گوت: «یەزدان یارمەتیتان بدات.»

ئەوانیش گوتیان: «با بەرەکەتی یەزدانت لەسەر بێت.»

٥بۆعەز بە خزمەتکارەکەی گوت کە کرابوو بە سەرکار بەسەر دروێنەکەرەکاندا: «ئەم کچە هی کێیە؟»

٦ئەویش وەڵامی دایەوە: «کچێکی مۆئابییە لەگەڵ ناعۆمی لە وڵاتی مۆئابەوە هاتووە، ٧پێی گوتین: "لێمگەڕێن با گوڵەجۆ لەدوای دروێنەکەرەکان کۆبکەمەوە." ئیتر هات و لە بەیانییەوە هەتا ئێستا ماوەتەوە، تۆزێك نەبێت لەژێر کەپرەکە پشووی دا.»

٨بۆعەز بە ڕائووسی گوت: «گوێ بگرە کچم. مەڕۆ بۆ کێڵگەیەکی دیکە بۆ گوڵەجۆ هەڵگرتنەوە،

[a] ٢٠ واتە (هۆی خۆشی و شادییەکەم).

[b] ٢٠ لە زمانی عیبری ناعۆمی بە واتای خۆێن شیرین دێت، هەروەها (مارا) بە واتای تاڵ.

بەڵکو لێرە بە، لەلای کچە خزمەتکارەکانم. [٩]سەیری کێڵگەکە بکە لەکوێ دروێنە دەکەن شوێنیان بکەوە. خزمەتکارەکانم ئاگادار کردووەتەوە دەستت لێ نەدەن. ئەگەر تینوو بوویت بڕۆ لە کوپەکان ئاو بخۆوە کە پیاوەکان ئاوی تێدەکەن.»

[١٠]ڕائووس کڕنۆشی برد و لەسەر ڕوو کەوت، پێی گوت: «چۆن لەبەرچاوی تۆ ڕەزامەندیم بەدەستهێنا، لە کاتێکدا من بێگانەم!»

[١١]بۆعەزیش وەڵامی دایەوە: «هەموو ئەوەی کە بۆ خەسووت کردووتە دوای مردنی پیاوەکەت، بە تەواوی پێم گوتراوە، تەنانەت وازت لە دایك و باوك و ئەو خاکەی لێی لەدایك بوویت هێناوە و هاتیت بۆ لای گەلێك کە پێشتر نەتناسیون. [١٢]با یەزدان چاکەی ئەم کارەت بداتەوە، با یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بە تەواوی پاداشتت بداتەوە. ئەوەی کە هاتوویت بۆ ئەوەی پەنا ببەیتە ژێر باڵەکانی.»

[١٣]ئەویش گوتی: «گەورەم با بەردەوام لەبەرچاوت ڕەزامەندی بەدەستبهێنم، چونکە دڵت دامەوە و دڵی کارەکەرەکەتت خۆش کرد، هەرچەندە وەکو یەکێکیش نیم لە کارەکەرەکانت.»

[١٤]لە کاتی نانخواردندا بۆعەز پێی گوت: «وەرە پێشەوە بۆ ئێرە و نان بخۆ و پارووەکەت بە سرکەکە بکە.»

ئەویش لەلای دروێنەکەرەکانەوە دانیشت و بۆعەزیش جۆی برژاوی پێدا، ئیتر خواردی و تێر بوو، لێشی مایەوە. [١٥]کاتێك هەستا بۆ ئەوەی جۆ هەڵبگرێتەوە، بۆعەز فەرمانی بە پیاوەکانی دا: «لێیگەڕێن با لەنێو کۆڵەجۆکانیش[a] جۆ هەڵبگرێتەوە و ئەزیەتی مەدەن، [١٦]لە دەسکەکانیش بۆی دەربهێنن. لێیگەڕێن با هەڵیبگرێتەوە و قسەی پێ مەڵێن.»

[١٧]ئەویش گوڵەجۆی هەڵگرتەوە هەتا ئێوارە، ئەوەی هەڵیگرتبووەوە کوتای و نزیکەی ئێفەیەك[b] جۆ بوو. [١٨]جا هەڵیگرت و گەڕایەوە ناو شار.

[a] ١٥ بڕوانە دواوتار ١٩:٢٤.

[b] ١٧ نزیکەی سێزدە کیلۆ.

خەسووی ئەوەی بینی کە هەڵیگرتبووەوە، ئەو خواردنەش کە لەدوای تێربوونی لێی مابووەوە دایە خەسووی.

[١٩]خەسووشی پێی گوت: «ئەمڕۆ لەکوێ گوڵەجۆت هەڵگرتەوە و لەکوێ ئیشت کرد؟ با بەرەکەتدار بێت ئەو کەسەی کە چاوی لێتە.»

ئەویش باسی ئەو کەسەی بۆ خەسووی کرد کە ئیشی لەگەڵدا کردووە گوتی: «ئەو پیاوەی کە ئەمڕۆ ئیشم لەگەڵدا کردووە ناوی بۆعەزە.»

[٢٠]ناعۆمیش بە بووکەکەی گوت: «ئەو بەرەکەتدارە لەلایەن یەزدانەوە، ئەوەی زیندووان و مردووانی بێبەش نەکردووە لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی.» ئینجا ناعۆمی پێی گوت: «ئەو پیاوە یەکێکە لە خوێنگرەکانمان[c].»

[٢١]ڕائووسی مۆئابیش گوتی: «هەروەها پێی گوتم: ”لەگەڵ خزمەتکارەکانمدا بمێنەوە هەتا هەموو دروێنەکەم تەواو دەکەن.“»

[٢٢]ناعۆمیش بە ڕائووسی بووکی گوت: «کچم وا چاکە لەگەڵ کارەکەرەکانی ئەو بچیت، نەوەك لە کێڵگەیەکی دیکە ئەزیەتت بدەن.»

[٢٣]ئەویش لەگەڵ کچە خزمەتکارەکانی بۆعەزدا لە هەڵگرتنەوە مایەوە هەتا دروێنەی جۆ و دروێنەی گەنم تەواو بوو، لەگەڵ خەسووی ژیا.

## ڕائووس و بۆعەز لە جۆخینەکە

٣ ناعۆمی خەسووی پێی گوت: «کچم ئایا پێویست نییە هەوڵ بدەم بۆ حەوانەوەت کە خێری تۆی تێدابێت؟ [٢]بۆعەز ئەوەی کە لەگەڵ کچە خزمەتکارەکانی بوویت خزممانە و ئەوەتا ئەمشەو لەسەر جۆخینەکە[d] شەنی جۆ دەکات. [٣]خۆت بشۆ و بۆن لە خۆت بدە و خۆت بگۆڕە و بڕۆ بۆ سەر جۆخینەکە بەڵام خۆت ئاشکرا مەکە لەلای پیاوەکە

[c] ٢٠ بڕوانە پێشەکی.

[d] ٢ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

هەتا لە خواردن و خواردنەوە دەبێتەوە. ٤هەر کە
پاڵکەوت، بزانە شوێنی پاڵکەوتنەکەی کوێیە. بڕۆ لای
پێی هەڵبدەوە و پاڵبکەوە، ئیتر خۆی پێت دەڵێت
چی بکەیت.»
٥ئەویش پێی گوت: «هەرچییەکت گوت دەیکەم.»
٦ئیتر چووە سەر جۆخینەکە و هەموو ئەوەی کە
خەسووی فەرمانی پێدا کردی.
٧بۆعەز خواردی و خواردیەوە و دڵی خۆش بوو
و چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە قەراغی دانەوێڵە
کۆکراوەکەدا پاڵ بکەوێت. ئەویش بەدزییەوە
چووە ژوورەوە و لای پێیەکانی بۆعەزی هەڵدایەوە
و پاڵکەوت. ٨لە نیوەشەودا بۆعەز پەشۆکا، ئاوڕی
دایەوە تەماشای کرد ژنێك لەلای پێیەوە پاڵکەوتووە.
٩گوتی: «تۆ کێیت؟»
ئەویش گوتی: «من ڕائووسی کارەکەری تۆم.
دامێنی کراسەکەت بدە[a] بەسەر خزمەتکارەکەتدا
چونکە تۆ خوێنگری منیت.»
١٠ئەویش گوتی: «با تۆ لەلایەن یەزدانەوە
بەرەکەتدار بیت کچەکەم، چونکە ئەم چاکەیەی
دواییت زیاترە لەوەی یەکەم جارت، چونکە
هەوڵت نەداوە شوێن لاوان بکەویت، هەژار بن
یان دەوڵەمەند. ١١ئێستاش کچی خۆم مەترسە.
هەرچییەك بڵێی بۆت دەکەم، چونکە هەموو
پیاوماقوڵانی شارۆچکەکەم دەزانن کە تۆ ژنێکی
ڕەوشت بەرزیت. ١٢ئێستاش ڕاستە من خزمم،
بەڵام خوێنگرێکی دیکە هەیە کە لە من پێشترە.[b]
١٣ئەمشەو بخەوە، بەیانی ئەگەر ئەو خزمە بە مافی
پێشینەیی خزمایەتی هەستا ئەوا باشە، با بەجێی
بهێنێت. بە یەزدانی زیندوو! ئەگەر ئەو نەیویست
مافی پێشینەیی خزمایەتی بەجێبهێنێت، ئەوا من
بەجێی دەهێنم. تۆ هەتا بەیانی پاڵبکەوە.»
١٤ئەویش لەلای پێیەوە پاڵکەوت هەتا بەرەبەیان،
ئینجا پێش ئەوەی کەسێك بتوانێت بیناسێتەوە،
هەستا. بۆعەز گوتی: «کەس نازانێت کە ئافرەتێك
هاتووە بۆ سەر جۆخینەکە.»
١٥ئینجا بۆعەز بە ڕائووسی گوت: «چارۆکەکەی
بەرت بهێنە و بیگرەوە.» ئەویش گرتییەوە و
بۆعەزیش شەش پێوانەی لە جۆ کێشا و خستییە
سەری. ئینجا بۆعەز چووە ناو شارۆچکەکەوە.
١٦ڕائووسیش کە هات بۆ لای خەسووی، خەسووی
لێی پرسی: «کچم چیت کرد؟»
ئەویش بۆعەز هەرچییەکی بۆ کرد بۆی گێڕایەوە.
١٧گوتی: «ئەم شەش پێوانە جۆیە ئەو پێیدام، چونکە
گوتی: ”بە دەستبەتاڵی مەچووەوە لای خەسووت.“»
١٨ئینجا ناعۆمی گوتی: «کچم دابنیشە هەتا
دەزانیت کارەکە چی لێدێت، چونکە پیاوەکە هێوور
نابێتەوە هەتا ئەمڕۆ کارەکە تەواو نەکات.»

## بۆعەز ڕائووس لە خۆی مارە دەکات

٤ هەر لەو ماوەیەدا بۆعەز بۆ دەروازەی
شارۆچکەکە سەرکەوت و لەوێ دانیشت.
ئەوە بوو ئەو خوێنگرەی کە بۆعەز باسی کرد لەوێوە
تێپەڕی. بۆعەزیش گوتی: «خزمە، لابدە و لێرە
دابنیشە.» ئەویش لایدا و دانیشت.
٢ئینجا بۆعەز دە پیاوی لە پیرانی شارۆچکەکە برد
و پێی گوتن: «لێرە دابنیشن.» ئەوانیش دانیشتن.
٣ئینجا بە خوێنگرەکەی[c] گوت: «ناعۆمی کە لە وڵاتی
مۆئاب گەڕاوەتەوە، پارچە زەوییەکی هەیە کە هی
ئەلیمەلەخی برامانە دەیفرۆشێت. ٤منیش پێم وایە
ئەرکی منە کە پێت بڵێم لەبەردەمی دانیشتووان
و لەبەردەمی پیرانی گەلەکەم بیکڕە. ئیتر ئەگەر
دەیکڕیتەوە بیکڕەوە و ئەگەر نایکڕیتەوە ئەوا پێم
بڵێ با بزانم، چونکە تۆ لەپێشتریت بۆ کڕینەوەی،
دوای تۆ من.»
ئەویش گوتی: «دەیکڕمەوە.»
٥بۆعەزیش گوتی: «ئەو ڕۆژەی زەوییەکە لە
دەستی ناعۆمی دەکڕیتەوە هەروەها لە دەستی

[a] ٩ دەربڕینێك بۆ مارەبڕین.

[b] ١٢ لە من پێشترە: بڕوانە لێڤییەکان ٢٥:٢٥.

[c] ٣ یەکێك لە ئەرکەکانی خوێنگر پاراستنی ناو و سەروەتی مردووەکەیە.

ڕائووسی مۆئابی کە ژنی مردووەکەیە، ڕائووسیش
ماره دەکەیت، بۆ ئەوەی میراتەکە بە ناوی مردووەکە
بکەیت.»
٦خوێنگرەکەش گوتی: «ناتوانم بۆ خۆم بیکڕمەوە،
نەوەك میراتەکەی خۆم تێکبدەم. جا تۆ خۆت
بیکڕەوە، چونکە من ناتوانم بیکڕمەوە.»
٧وا باو بوو لە ئیسرائیلدا بۆ سەلماندنی
ئەنجامدانی هەموو کارێکی مافی کڕینەوە و
گواستنەوەی خاوەندارێتی موڵك، کابرا پێڵاوەکەی
دابکەنێت و بیداتە لایەنی بەرامبەر. ئیتر ئەمە ئەو
نەریتە بوو کە لە ئیسرائیل دەگیرایەبەر.
٨ئینجا خوێنگرەکە بە بۆعەزی گوت «بۆ خۆت
بیکڕە» و پێڵاوەکەی داکەند.
٩بۆعەزیش بە پیرەکان و هەموو خەڵکەکەی
گوت: «ئێوە ئەمڕۆ شایەتن کە من هەرچییەك هی
ئەلیمەلەخ و هەرچییەك هی کیلیۆن و مەحلۆن بوو
لە دەستی ناعۆمی کڕیمەوە. ١٠هەروەها ڕائووسی
مۆئابی ژنی مەحلۆنیشم لە خۆم مارە کرد هەتا ببێت
بە ژنم، بۆ ئەوەی میراتەکە بە ناوی مردووەکە بکەم،
ناوی مردووەکە لەنێو گەلەکەی کوێر نەبێتەوە و
لە تۆماری شارۆچکەکەیدا نەسڕێتەوە. ئێوە ئەمڕۆ
شایەتن!»
١١هەموو خەڵکەکە و پیرەکان کە لەناو دەروازەکە
دانیشتبوون گوتیان: «ئێمە شایەتین. ئەو ژنەی کە
دێتە ماڵەکەت یەزدان وەکو ڕاحێل و لێئەی لێ
بکات کە بنەماڵەی ئیسرائیلیان دروستکرد. ئیتر با
مەزن بیت لە ئەفراتە و ناودار بیت لە بێتلەحم.
١٢هەروەها ماڵەکەت و ئەو وەچەیەی یەزدان لەم
ئافرەتە دەتداتێ وەکو بنەماڵەی پێرێز بێت ئەوەی
لە تامار لەدایك بوو بۆ یەهودا.»

## بنەچەی داود

١٣ئیتر بۆعەز ڕائووسی هێنا و گواستییەوە،
یەزدانیش سکپڕبوونی پێ بەخشی و کوڕێکی بوو.
١٤ژنان بە ناعۆمییان گوت: «ستایش بۆ ئەو یەزدانەی
ئەمڕۆ بێ خوێنگری نەکردیت. با ناوی بۆعەز لە
ئیسرائیلدا دەنگ بداتەوە. ١٥دەبێتە نوێکەرەوەی
گیانت و لە پیریتدا بەخێوت دەکات، چونکە لە
بووکەکەت بووە کە تۆی خۆشویست و ئەو بۆ تۆ لە
حەوت کوڕ باشترە.»
١٦ناعۆمیش کوڕەکەی هەڵگرت و لە باوەشی کرد
و بوو بە دایەنی. ١٧ژنە دراوسێکان گوتیان «کوڕێك
لەدایك بوو بۆ ناعۆمی» و ناویان لێنا عوبێد، کە
باوکی یەسای باوکی داود بوو.
١٨ئەمانەش نەوەکانی پێرێزن:

پێرێز باوکی حەسرۆن بوو،
١٩حەسرۆنیش باوکی ڕام بوو،
ڕامیش باوکی عەمیناداب بوو،
٢٠عەمینادابیش باوکی نەحشۆن بوو،
نەحشۆنیش باوکی سەلمۆن بوو،
٢١سەلمۆنیش باوکی بۆعەز بوو،
بۆعەزیش باوکی عوبێد بوو،
٢٢عوبێدیش باوکی یەسا بوو و
یەساش باوکی داود بوو.

# یەکەم ساموئێل

**کورتە باسێك**

**تەنانەت باشترین ڕابەری مرۆڤانە دەکەوێت، بەڵام خودا دڵسۆزە بۆ خەڵکەکەی و بەڵێنی بە پاشاکەی داوە کە بەهێز و دانا و ڕاستودروست و دڵسۆزی دەکات.**

ئەم پەڕتووکە لە سەدەی دەیەمی بەر لە زایین بە سروشی ڕۆحی پیرۆز نووسراوە. لە تەوراتی عیبرانی هەردوو پەڕتووکی یەکەم ساموئێل و دووەم ساموئێل بەهۆی ئەوەی مێژوویێکی پێکەوە بەستراوە و باسی سەرگوزەشتەی ژیانی هەریەکە لە ساموئێل و شاول پاشا و داود پاشا دەکات یەك پەڕتووکە، بەڵام دابەشکردنی بۆ دوو پەڕتووك لە هەندێك لە وەرگێڕانەکان تەنها بۆ شێوەیە نەك هیچی دیکە.

ئەم پەڕتووکە تۆماری ئەو شەڕانە نیشان دەدات کە لەنێوان فەلەستییەکان و سوپای شاول پاشا ڕوویدا و بەزاندنی لە شەڕی یەکلاکەرەوەی کۆتایی. ئەم پەڕتووکە باسی مێژووی دۆخی سیاسی و سەربازی دەکات کە گەلی ئیسرائیل بە دەستییەوە دەیانناڵاند، ئینجا دەرکەوتنی پێغەمبەر ساموئێل و تاج لەسەرنانی شاول وەك یەکەم پاشای ئیسرائیل. ساموئێل ڕابەری ڕۆحی نەتەوە بوو، بەڵام شاول جڵەوی کاروباری شار و کارگێڕی و سەربازی گرتە ئەستۆ، لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەك پاشا توانی دوژمنەکانی ببەزێنێت، بەڵام لەدوای خراپبوونی ژیانی ڕۆحی و ڕەوشتی تووشی کارەساتێکی گەورە بووەوە، لە دوایین شەڕی دۆڕا و ژیانی خۆی و کوڕەکانی لەناوچوو. لە کاتێکدا ئەستێرەی شاول بەرەو ئاوابوون دەچوو ئەستێرەی داود بەرەو درەوشانەوە بوو، سەرباری ئەوەی داود تەمەنی بچووك بوو، لەدوای نەمانی شاول ڕابەرایەتی گەلی وەرگرت.

بیرۆکەی سەرەکی ئەم پەڕتووکە ئەوەیە خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت. بۆ ئەوەی واتای پشتبەستن بە خودا بزانێت، مرۆڤ بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی خودا بە ئازار و ناخۆشیدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی بگاتە بەندەری ئارامی، ئەمەش نیعمەتی خودایە. لەناو ئازار و جەنگ و لەناوچوونی پاشاکان و سەرهەڵدانی پاشای دیکە، لەناو ئاشتی و ئارامی و خۆشی، هەر خودا خۆی جڵەوی مێژووی بەدەستەوەیە، ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە ئاراستە دەکات کە پشت بە خودا دەبەستن و حەسانەوە و ئازایەتی دەبیننەوە بۆ بەرگەگرتنی ژیان.

**لەدایکبوونی ساموئێل**

١ پیاوێك هەبوو لە ڕاماتەیمی چوفییەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم، ناوی ئەلقانەی کوڕی یەرۆحامی کوڕی ئەلیهوی کوڕی تۆحوی کوڕی چوفی ئەفرایمی بوو.
٢دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان ناوی حەنا و ئەوی دیکەیان ناوی پەنینا بوو، پەنینا منداڵی هەبوو، بەڵام حەنا منداڵی نەبوو.
٣ئەم پیاوە هەموو ساڵێك لە شارۆچکەکەیەوە دەچوو بۆ کڕنۆشبردن و سەربڕینی قوربانی بۆ یەزدانی سوپاسالار لە شیلۆ و لەوێ دوو کوڕەکەی عێلی کاهینی یەزدان بوون، کە یەکێکیان ناوی حۆفنی و ئەوی دیکەیان ناوی فینەحاس بوو.
٤جا کە ڕۆژی ئەوە هات ئەلقانە قوربانی سەرببڕێت و بەشی پەنینای ژنی و هەموو کوڕ و کچەکانی بدات،
٥بەڵام دوو بەشی دایە حەنا، چونکە حەنای خۆشدەویست هەرچەندە یەزدان منداڵدانی بەستبوو.
٦هەوێیەکەشی بەردەوام پەستی دەکرد بۆ ئەوەی بێزاری بکات، چونکە یەزدان وەجاخی کوێر کردبوو.
٧وای دەکرد، ساڵ لەدوای ساڵ هەر کاتێك حەنا بۆ ماڵی یەزدان بچووایە، هەوێیەکەی ئاوا پەستی دەکرد، بۆیە حەنا دەستی بە گریان کرد و نانی نەخوارد.
٨ئیتر ئەلقانەی مێردی پێی گوت: «حەنا، بۆچی دەگریت و نان ناخۆیت؟ بۆچی دڵگرانیت؟ ئایا من لە دە کوڕ چاکتر نیم بۆت؟»

[9]لەدوای ئەوەی لە شیلۆ نانیان خوارد و خواردییانەوە، حەنا هەستا، عێلی کاهینیش لەسەر کورسییەك لەلای چوارچێوەی دەرگای چادری پەرستنی یەزدان دانیشتبوو. [10]حەناش بە پەژارەوە نوێژی بۆ یەزدان کرد و دایە پڕمەی گریان. [11]حەنا نەزرێکی[a] کرد و گوتی: «یەزدانی سوپاسالار، ئەگەر بەڕاستی تەماشای داماوی کارەکەرەکەت بکەیت و بە یادی خۆتم بهێنیتەوە، کارەکەرەکەت لەبیر نەکەیت و کوڕێکی پێبدەیت، ئەوا من ژیانی کوڕەکە بە یەزدان دەبەخشم و گوێزان بەسەر سەریدا نایەت.»

[12]ئەوە بوو کە لەبەردەم یەزدان زۆر نوێژی کرد و عێلیش سەیری دەمی دەکرد، [13]حەناش لە دڵی خۆیدا دەیگوت و تەنها لێوەکانی دەجوڵانەوە و دەنگی نەدەبیسترا، عێلی وای زانی سەرخۆشە. [14]جا پێی گوت: «هەتا کەی سەرخۆش دەبیت؟ شەرابەکەت لە خۆت دووربخەرەوە.»

[15]حەناش وەڵامی دایەوە و گوتی: «نەخێر گەورەم، من ژنێکی دڵتەنگم، شەراب و خواردنەوەی مەستیم نەخواردووەتەوە، بەڵکو دەردی دڵی خۆم لەبەردەم یەزدان هەڵدەڕێژم. [16]کارەکەرەکەت بە کچێکی بەدکار مەزانە، لەبەر خەم و خەفەتی زۆرم، هەتا ئێستا قسەم دەکرد.»

[17]عێلیش وەڵامی دایەوە و گوتی: «بڕۆ بە سەلامەتی و با خودای ئیسرائیل ئەو داواکارییەت پێبدات کە لێت داوا کردووە.»

[18]حەناش گوتی: «با کەنیزەکەت لەبەرچاوانت پەسەند بێت.» ئینجا حەنا بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و نانی خوارد و خەم لە ڕووی ڕەوییەوە.

[19]بەیانی زوو لە خەو هەستان و لەبەردەم یەزدان کڕنۆشیان برد و گەڕانەوە، هاتنەوە ماڵەکەی خۆیان لە ڕامە. ئیتر ئەلقانە لەگەڵ حەنای ژنی جووت بوو و یەزدانیش بە یادی خۆی هێنایەوە. [20]ئەوە بوو لەو ساڵەدا حەنا سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو و ناوی لێنا ساموئێل، گوتی: «چونکە داوام لە یەزدان کرد.»

## حەنا ساموئێل تەرخان دەکات

[21]ئینجا ئەلقانە و سەرجەم ماڵەکەی چوون بۆ سەربڕینی قوربانی ساڵانە بۆ یەزدان و بەجێهێنانی نەزرەکەی. [22]بەڵام حەنا نەچوو و بە مێردەکەی گوت: «پاش ئەوەی کوڕەکە لە شیر دەبڕدرێتەوە، دەیبەم هەتا لەبەردەم یەزدان پێشکەش بکرێت و هەتاهەتایە لەوێ بمێنێتەوە.»

[23]ئەلقانەی مێردیشی پێی گوت: «خۆت چی بە باش دەزانیت ئەوە بکە و بمێنەوە هەتا لە شیری دەبڕیتەوە، تەنها با یەزدان وشەی خۆی بچەسپێنێت.» جا حەنا مایەوە و شیری بە منداڵەکەی دا هەتا ئەو کاتەی لە شیری بڕییەوە.

[24]پاش ئەوەی لە شیری بڕییەوە، لەگەڵ خۆی سەری خست لەگەڵ گایەکی سێ ساڵان و یەك ئێفە[b] ئارد و مەشکەیەك شەراب و هێنای بۆ ماڵی یەزدان لە شیلۆ، کوڕەکەش هێشتا منداڵ بوو. [25]ئینجا گایەکەیان سەربڕی و کوڕەکەیان هێنایە لای عێلی، [26]حەنا گوتی: «گەورەم! منت لە یادە؟ دڵنیابە من ئەو ژنەم کە لێرە لەلای تۆ وەستام و نوێژم کرد بۆ یەزدان، [27]لە پێناوی ئەم منداڵە نوێژم کرد و یەزدانیش داواکارییەکەی پێدام کە لێم داوا کرد. [28]لەبەر ئەوە منیش دەیدەمەوە یەزدان، بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیانی تەرخان بکرێت بۆ یەزدان.»

ئیتر ساموئێل لەوێ مایەوە و یەزدانی پەرست.

## نوێژی حەنا

٢ حەنا نوێژی کرد و گوتی:

«دڵم بە یەزدان شادە،
سەرم بە یەزدان بەرزە.
پێکەنینم بە دوژمنەکانم دێت،
لەبەر ئەوەی شادمانم بە ڕزگارییەکەت.

[a] ١١ واتە پابەندکردنی مرۆڤ خۆیەتی بە مەرجێکەوە، لە کاتێکدا کە داخوازییەك بەرز دەکاتەوە بۆ خودا و بە ئەرێ وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن خوداوە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

[b] ٢٤ نزیکەی شازدە کیلۆیە.

[٢]«کەس نییە پیرۆز وەك یەزدان،
بێجگە لە تۆ کەس نییە،
هیچ تاشەبەردێك نییە وەك خودامان.

[٣]«بە لووتبەرزی زۆرەوە مەدوێن،
با قسەی زل لە دەمتان دەرنەچێت،
چونکە یەزدان خودایەکی بەئاگایە،
ئەوە کارەکان هەڵدەسەنگێنێت.

[٤]«کەوانی پاڵەوانەکان تێکشکێنران و
شکستخواردووەکانیش هێزیان بەبەردا کرا.
[٥]تێرەکان خۆیان بەکرێ دا بۆ نان و
برسییەکانیش نانیان لەبەر مایەوە.
نەزۆك حەوت منداڵی بوو و
ئەوەی کوڕی زۆر بوو نائومێد بوو.

[٦]«یەزدان مرۆڤ دەمرێنێت و زیندووشی
دەکاتەوە،
دەیباتە جیهانی مردووان و
هەڵیشیدەستێنێتەوە.
[٧]یەزدان مرۆڤ هەژار و دەوڵەمەند دەکات،
نزم دەکاتەوە و بەرزیشی دەکاتەوە.
[٨]ئەو هەژار لەناو خۆڵ ڕاست دەکاتەوە،
کلۆڵیش لەناو زبڵخانە بەرز دەکاتەوە،
هەتا لەگەڵ میران دایانیشێنێت و
تەختی شکۆمەندی بکات بە میراتیان.

«چونکە کۆڵەکەکانی زەوی هی یەزدانن
جیهانی لەسەر داناوە.
[٩]پێی خۆشەویستانی خۆی دەپارێزێت،
بەڵام بەدکاران لە تاریکیدا بێدەنگ دەبن.

«مرۆڤ بە هێز زاڵ نابێت،
[١٠]نەیارانی یەزدان تێکدەشکێنرێن.
لە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەگرمێنێت،
یەزدان حوکم بەسەر ئەوپەڕی زەویدا دەدات.

«هێز بە پاشای خۆی دەدات،
سەری دەستنیشانکراوەکەی بەرز دەکاتەوە.»

[١١]ئینجا ئەلقانە گەڕایەوە ڕامە بۆ ماڵی خۆی، بەڵام منداڵەکە لەلای عێلیی کاهین خزمەتی یەزدانی دەکرد.

## کوڕە بەدکارەکانی عێلی

[١٢]کوڕەکانی عێلیش بەدکار بوون و یەزدانیان نەدەناسی.
[١٣]بەپێی ڕێوڕەسمی کاهینییەتی لەگەڵ گەل،
کاتێك هەرکەسێك قوربانییەکی پێشکەش دەکرد،
خزمەتکاری کاهینەکە لە کاتی لێنانی گۆشتەکە
دەهات و چەنگاڵێکی سێ ددانی لەدەست بوو،
[١٤]دەیکرد بەناو لەگەنەکە یان دەفرەکە یان تاوەکە
یان مەنجەڵەکە. هەرچی بەسەر چەنگاڵەکەوە
دەبوو، کاهین بۆ خۆی دەبرد. لە شیلۆ بەم شێوەیان
دەکرد لەگەڵ هەموو ئەو ئیسرائیلییانەی دەهاتنە
ئەوێ. [١٥]هەروەها پێش ئەوەی پیوەکە[a] بسووتێنن،
خزمەتکارەکەی کاهین دەهات و بەو پیاوەی
دەگوت کە قوربانییەکەی کردبوو: «گۆشت بدە
بە کاهین بۆ برژاندن، چونکە گۆشتی کوڵاوت لێ
وەرناگرێت، بەڵکو تەنها خاو.»
[١٦]پیاوەکەش پێی دەگوت: «با یەکەم جار پیوەکە
بسووتێنرێت، پاشان هەرچی ئەوەی ئارەزووی
دەکەیت بیبە.» ئەویش دەیگوت: «نا، بەڵکو ئێستا
دەیدەیت، ئەگەر نا، بە زۆر دەیبەم.»
[١٧]جا گوناهی هەرزەکارەکان لەبەردەم یەزدان
زۆر گەورە بوو، چونکە خەڵکی سووکایەتییان بە
پێشکەشکراوی یەزدان دەکرد.
[١٨]بەڵام ساموئێل هەر لە منداڵییەوە لەبەردەم
یەزدان خزمەتی دەکرد و ئێفۆدێکی کەتانی لەبەر
بوو. [١٩]دایکیشی ساڵ لەدوای ساڵ کەوایەکی
بچووکی بۆ دروستدەکرد و کە لەگەڵ مێردەکەی
دەڕۆیشت بۆ سەربڕینی قوربانی ساڵانە بۆی دەبرد.
[٢٠]عێلیش بۆ ئەلقانە و ژنەکەی داوای بەرەکەتی کرد
و گوتی: «یەزدان لەم ژنەوە وەچەت بۆ بخاتەوە
لە جیاتی ئەوەی نوێژی بۆ کرد و بە یەزدانی دا.»

[a] ١٥ پیوەکە: واتە بەزەکە، لێرە و لە ئایەتی ١٦.

ئینجا چوونەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان. [٢١]جا کە یەزدان حەنای بەسەرکردەوە، سکی پڕ بوو و سێ کوڕ و دوو کچی بوو. لەو ماوەیەدا ساموئێلی کوڕی لەبەردەم یەزداندا گەورە بوو.

[٢٢]عێلی زۆر پیر بوو و هەموو ئەو شتانەی بیستەوە کە کوڕەکانی دەرهەق بە ئیسرائیل دەیانکرد و هەروەها چۆن جووت دەبوون لەگەڵ ئەو ژنانەی لەبەردەم دەرگای چادری چاوپێکەوتندا خزمەتیان دەکرد. [٢٣]جا لێی پرسین: «بۆچی ئەم شتانە دەکەن؟ چونکە لەلای هەموو ئەم گەلە من ڕەفتارە خراپەکانتانم بیستووە. [٢٤]نەخێر کوڕەکانم، ئەو هەواڵەی کە دەیبیستم لەنێو گەلی یەزدان بڵاو دەکرێتەوە باش نییە. [٢٥]ئەگەر کەسێك دەرهەق بە کەسێك گوناه بکات، خودا ناوبژیوانی دەکات، بەڵام ئەگەر کەسێك دەرهەق بە یەزدان گوناه بکات، کێ داکۆکی لێ دەکات؟» بەڵام گوێیان لە قسەی باوکیان نەگرت، چونکە یەزدان خوازیار بوو بیانمرێنێت.

[٢٦]بەڵام منداڵەکە، ساموئێل بەردەوام بوو لە گەشەکردن، یەزدان و خەڵکیش زیاتر لێی ڕازی دەبوون.

## پێشبینی سەبارەت بە بنەماڵەی عێلی

[٢٧]ئینجا پیاوێکی خودا هات بۆ لای عێلی و پێی گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئایا من بە ئاشکرا خۆمم بۆ ماڵی باوکت دەرنەخست، کاتێك لە میسر لە ماڵی فیرعەون بوون؟ [٢٨]لەنێو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا هەڵمبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە کاهینم، سەربکەوێت بۆ سەر قوربانگاکەم، بخوورم بۆ بسووتێنێت و لەبەردەممدا ئێفۆد لەبەر بکات. من هەموو قوربانییە بە ئاگرەکانی نەوەی ئیسرائیلم بە ماڵی باوکت دا. [٢٩]ئیتر بۆچی سووکایەتی بە قوربانی و پێشکەشکراوەکەم دەکەن، ئەوەی لە نشینگەکەدا فەرمانم پێی کردووە؟ بۆچی لە من زیاتر ڕێز لە کوڕەکانت دەگریت، بە یەکەم بەری هەموو پێشکەشکراوەکانی ئیسرائیلی گەلەکەم خۆتان قەڵەو دەکەن؟“

[٣٠]«لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دەفەرموێت: ”بێگومان من فەرمووم، ماڵی تۆ و ماڵی باوکت هەتاهەتایە لەبەردەمم هاتوچۆ دەکەن،“ بەڵام ئێستا یەزدان دەفەرموێت: ”لە من بەدوور بێت! چونکە ئەوەی ڕێزم بگرێت ڕێزداری دەکەم، ئەوانەی سووکایەتیم پێ بکەن سووك دەبن. [٣١]ڕۆژێك دێت هێزی بازووی خۆت و هێزی بازووی ماڵی باوکت لەناودەبەم، لە بنەماڵەکەتدا کەس ناگاتە تەمەنی پیری. [٣٢]تەنگانە لە نشینگەکەم دەبینیت، سەرەڕای ئەو چاکەیەی بۆ ئیسرائیلی دەبێت، هەتاهەتایە لە بنەماڵەکەتدا کەس ناگاتە تەمەنی پیری. [٣٣]هەر یەکێك لە ئێوە کە لە قوربانگاکەی خۆم نەیبڕمەوە ئەوە بۆ کوێرایی هاتن بۆ چاوەکانت و داخبوونی دڵتە، هەموو وەچەی ماڵەکەت لە گەنجییێتیدا دەمرن.

[٣٤]«”ئەمەش نیشانەیە بۆت، بەسەر دوو کوڕەکەتدا دێت، بەسەر حۆفنی و فینەحاس، لە یەك ڕۆژدا هەردووکیان دەمرن. [٣٥]کاهینێکی دڵسۆز [a] بۆ خۆم دادەنێم کە ئەوەی لە دڵ و دەروونمدایە بیکات و ماڵێکی ئاسوودەی بۆ بنیاد دەنێم و لەبەردەم دەستنیشانکراوەکەم[b] بە درێژایی ڕۆژان هاتوچۆ دەکات. [٣٦]هەرکەسێکیش کە لە بنەماڵەکەت دەمێنێتەوە دێت تاکو بۆ پارچە زیوێك و کولێرەیەك کڕنۆش بۆ ئەو کاهینە ببات، دەڵێت: ئەرکێکی کاهینێتیم پێ بسپێرە بۆ ئەوەی بتوانم کولێرەیەك بخۆم.“»

## یەزدان ساموئێل بانگ دەکات

٣ منداڵەکەش، ساموئێل، لەلای عێلی خزمەتی یەزدانی دەکرد و لەو ڕۆژانەدا

[a] ٣٥ دەشێت سەرۆکی کاهین بێت، وەك سادۆق، هەروەها مەسیحەکە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٣٥:٢ و عیبرانییەکان ٣:١-٢.

[b] ٣٥ دەستنیشانکراوەکەم: مەبەستی لە داود و نەوەی داودە، هەروەها لەدوای ئەوانیش مەسیحەکە. بڕوانە دووەم ساموئێل ١٦:٧ و لۆقا ٦٩:١-٧٠.

فەرمایشتی یەزدانیش دەگمەن بوو، پێشبینیش زۆر ڕانەدەگەیەنرا.

[٢]لەو کاتەی عێلی چاوەکانی کز ببوون و توانای بینینی نەبوو، شەوێکیان لە شوێنەکەی خۆیدا پاڵکەوتبوو، [٣]ساموئێلیش لە چادری پەرستنی یەزدان پاڵکەوتبوو، کە سندوقی خودای لێبوو، بەر لەوەی چرای خودا بکوژێتەوە، [٤]جا یەزدان ساموئێلی بانگکرد.

ئەویش گوتی: «ئەوەتام.» و [٥]ڕایکرد بۆ لای عێلی و گوتی: «ئەوەتام، چونکە بانگت کردم.»

عێلیش گوتی: «بانگم نەکردوویت، بگەڕێوە و پاڵبکەوە.» ئەویش ڕۆیشت و پاڵکەوتەوە.

[٦]یەزدان دووبارە ساموئێلی بانگکردەوە، ساموئێلیش هەستا و بۆ لای عێلی ڕۆیشت و گوتی: «ئەوەتام، چونکە بانگت کردم.»

عێلیش گوتی: «کوڕم بانگم نەکردوویت، بگەڕێوە و پاڵبکەوە.»

[٧]ساموئێلیش هێشتا یەزدانی نەناسیبوو و هێشتا فەرمایشتی یەزدانی بۆ ڕانەگەیەنرابوو.

[٨]بۆ سێیەم جار یەزدان ساموئێلی بانگکردەوە، ئەویش هەستا و ڕۆیشت بۆ لای عێلی و گوتی: «ئەوەتام، چونکە بانگت کردم.»

ئینجا عێلی تێگەیشت کە یەزدانە منداڵەکە بانگ دەکات. [٩]جا عێلی بە ساموئێلی گوت: «بڕۆ و پاڵبکەوە، ئەگەر بانگی کردیت، بڵێ: ”بفەرموو یەزدان، بەندەت گوێی گرتووە.“» ساموئێلیش ڕۆیشت و لە شوێنەکەی خۆی پاڵکەوتەوە.

[١٠]ئینجا یەزدان هات و وەستا و وەك جارەکانی پێشوو بانگی کرد: «ساموئێل! ساموئێل!»

ساموئێلیش گوتی: «بفەرموو، بەندەت گوێی گرتووە.»

[١١]یەزدانیش بە ساموئێلی فەرموو: «ئەوەتا من لەناو ئیسرائیلدا خەریکە شتێك دەکەم، کە گوێیەکانی هەرکەسێك بیبیستێت بزرنگێتەوە. [١٢]لەو ڕۆژەدا هەموو ئەوەی لە دژی عێلیم فەرموو سەبارەت بە ماڵەکەی، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی جێبەجێی دەکەم. [١٣]من پێم ڕاگەیاند کە بۆ هەتاهەتایە سزا بەسەر بنەماڵەکەیدا دەسەپێنم لەبەر ئەو گوناهەی کە خۆی دەیزانێت، چونکە کوڕەکانی کفریان بە خودا کرد و ئەویش ڕێی لێ نەگرتن. [١٤]لەبەر ئەوە سوێندم بۆ ماڵی عێلی خوارد، کە تاوانەکەی بنەماڵەی عێلی کەفارەتی بۆ نەکرێت، نە بە قوربانی سەربڕاو و نە بە پێشکەشکراو هەتاهەتایە.»

[١٥]ئینجا ساموئێل هەتا بەیانی پاڵکەوت و دەرگاکانی ماڵی یەزدانی واڵا کرد. ساموئێل ترسا ئەو بینینە بە عێلی ڕابگەیەنێت. [١٦]ئینجا عێلی ساموئێلی بانگکرد و گوتی: «کوڕم ساموئێل.»

ئەویش گوتی: «ئەوەتام.»

[١٧]عێلی گوتی: «ئەو قسەیە چی بوو کە پێی فەرموویت؟ تکایە لێمی مەشارەوە. خودا توندترین سزات بدات، ئەگەر وشەیەکم لێ بشاریتەوە لە هەموو ئەوەی پێی فەرموویت.» [١٨]ساموئێلیش تەواوی فەرمووەدەکەی پێ گوت و هیچی لێی نەشاردەوە، ئەویش گوتی: «خۆی یەزدانە، ئەوەی بە باشی بزانێت با بیکات.»

[١٩]ساموئێل گەشەی دەکرد، یەزدانیش لەگەڵی بوو، نەیهێشت هیچ یەکێك لە قسەکانی ساموئێل بشکێت. [٢٠]جا هەموو ئیسرائیل هەر لە دانەوە هەتا بیری شابەع[a] زانییان کە ساموئێل متمانەپێکراوە بێت بە پێغەمبەری یەزدان. [٢١]یەزدان بەردەوام لە شیلۆ خۆی بۆ دەردەخست، چونکە لەوێ بە ڕێگەی فەرمایشتەکەیەوە خۆی بۆ ساموئێل ئاشکرا کردبوو.

٤ پەیامی ساموئێل بە هەموو ئیسرائیل گەیشت.[b]

## فەلەستییەکان سندوقی خودا دەبەن

ئیسرائیلیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلەستییەکان بۆ شەڕ چوونە دەرەوە و لەلای بەردی یارمەتی ئۆردوگایان دامەزراند، فەلەستییەکانیش لەلای

[a] ٢٠ واتە لە باکووری ئیسرائیل هەتا باشوور.

[b] ١ لە ڕووداوەکانی بەشی چوار هێشتا ساموئێل نەبووەتە کاربەدەستێك لەنێو گەلی ئیسرائیل. بڕوانە ٣:٧.

ئەفێق. [٢]ئینجا فەلەستییەکان بەرەیان بەست بۆ
بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل و شەڕ هەڵگیرسا،
ئیسرائیل لە ڕووی فەلەستییەکان بەزین و ئەوانیش
لە بەرەی جەنگەکەدا، نزیکەی لە چوار هەزار
پیاویان دا. [٣]ئینجا سەربازەکان گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە
و پیرانی ئیسرائیل پرسییان: «بۆچی یەزدان ئەمڕۆ
ئێمەی بەرامبەر بە فەلەستییەکان بەزاند؟ با
سندوقی پەیمانی یەزدان لە شیلۆوە بهێنین بۆ
ئێرە، با بێتە نێومانەوە و لە دەست دوژمنەکانمان
ڕزگارمان بکات.»

[٤]جا گەل ناردیان بۆ شیلۆ و لەوێوە سندوقی
پەیمانیان هەڵگرت، کە هی یەزدانی سوپاسالارە،
ئەوەی لەنێوان کەڕوبەکان[a] لەسەر تەخت
دانیشتووە[b]. دوو کوڕەکەی عێلیش، حۆفنی و
فینەحاس لەوێ لەگەڵ سندوقی پەیمانی خودا بوون.

[٥]ئەوە بوو لە کاتی چوونە ناوەوەی سندوقی
پەیمانی یەزدان بۆ ناو ئۆردوگاکە، هەموو ئیسرائیل
بە دەنگێکی بەرز هاواریان کرد کە زەوی لەرزاند.
[٦]فەلەستییەکانیش گوێیان لە دەنگی هاوارەکە بوو
و گوتیان: «دەنگی ئەم هاوارە بەرزە چی بوو لەناو
ئۆردوگای عیبرانییەکان؟»

جا کە زانییان سندوقی یەزدان هاتووەتە ناو
ئۆردوگاکە، [٧]فەلەستییەکان ترسان، چونکە گوتیان:
«خوداوەندێك هاتووەتە ناو ئۆردوگاکەوە!»
هەروەها گوتیان: «قوڕمان بەسەرا! چونکە هەرگیز
پێشتر شتی وا نەبووە. [٨]قوڕمان بەسەرا! کێ لە دەست
ئەو خوداوەندە توانادارانە فریامان دەکەوێت؟
ئەوانە ئەو خوداوەندانەن کە لە چۆڵەوانیدا گەلی
میسریان تووشی هەموو جۆرە دەردێك کرد.
[٩]فەلەستییەکان بەهێزبن و پیاوبن! ئەگینا دەبنە
کۆیلەی عیبرانییەکان، وەك چۆن ئەوان کۆیلەی ئێوە
بوون. جا پیاوبن و بجەنگن!»

[١٠]ئیتر فەلەستییەکان جەنگان و ئیسرائیل بەزی و
هەریەکە و بەرەو چادرەکەی هەڵات و کوشتارەکە
زۆر گەورە بوو، سی هەزار سەربازی پیادە لە
ئیسرائیل کوژران. [١١]سندوقی خودا دەستی بەسەردا
گیرا و هەردوو کوڕەکەی عێلیش، حۆفنی و فینەحاس
کوژران.

## مردنی عێلی

[١٢]پیاوێکی بنیامینیش لە بەرەی جەنگەوە ڕایکرد
و هەر لەو ڕۆژەدا هاتە شیلۆ، جلەکانی دڕابوون
و سەری تۆزاوی بوو. [١٣]هات و بینی وا عێلی
لەسەر کورسییەك لە قەراغ ڕێگاکە دانیشتووە و
چاوەڕێیەتی، چونکە دڵی بۆ سندوقی خودا لە
مەراقدا بوو. کاتێك پیاوەکە هاتە ناو شارۆچکەکە و
هەواڵەکەی ڕاگەیاند، هەموو شارۆچکەکە هاواریان
لێ بەرزبووەوە.

[١٤]عێلیش گوێی لە دەنگی هاوارەکە بوو و گوتی:
«دەنگی ئەو هاتوهاوارە چییە؟»

ئینجا پیاوەکە بە پەلە هات و بە عێلی ڕاگەیاند.
[١٥]عێلیش تەمەنی نەوەد و هەشت ساڵ بوو و
چاوەکانی لە دەستدا بوو و توانای بینینی نەبوو.
[١٦]پیاوەکە بە عێلی گوت: «من لە بەرەی جەنگەوە
هاتووم و هەر ئەمڕۆ من لە بەرەکە هەڵاتووم.»

عێلیش پرسی: «چی ڕوویدا، کوڕم؟»

[١٧]هەواڵدەرەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی:
«ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکان هەڵات و
هەروەها بەزینێکی گەورە لەناو سوپادا ڕوویدا و
هەروەها هەردوو کوڕەکەت، حۆفنی و فینەحاس
کوژران، سندوقی خوداش دەستی بەسەردا گیرا.»

[١٨]جا کە باسی سندوقی خودا کرا عێلی لەسەر
کورسییەکە بەرەو دواوە کەوت بەلای دەروازەکەدا
و ملی شکا و مرد، چونکە پیاوێکی پیر و قورس بوو،
چل ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد.

---

[a] ٤ لەنێوان کەڕوبەکان: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ٢٥:٢٢ و عیبرانییەکان ٩:٥.

[b] ٤ لە سەردەمی پەیمانی کۆن خودا لە شوێنی هەرەپیرۆزی پەرستگا ئامادە دەبوو، بە تایبەت سندوقی پەیمان و نێوان کەڕوبەکان وەك تەختی خودا بوون.

[١٩]بووکەکەی عێلی، ژنەکەی فینەحاس سکی پڕ بوو، لە مانگی خۆی بوو، کاتێک بیستی سندوقی خودا بردراوە و خەزوور و مێردەکەشی مردوون، ژانی گرت و منداڵی بوو. ژانەکەی زۆری بۆ هێنا، [٢٠]لە سەرەمەرگدا ئەو ژنانەی بەسەرییەوە وەستابوون پێیان گوت: «مەترسە، چونکە کوڕێکت بووە.» بەڵام وەڵامی نەدایەوە و گوێی پێنەدا.

[٢١]منداڵەکەشی ناونا ئیخاڤۆد[a] و گوتی: «شکۆمەندی لە ئیسرائیل داماڵرا.» چونکە سندوقی خودا بردرا و لەبەر خەزوور و مێردەکەشی. [٢٢]ئینجا گوتی: «شکۆمەندی لە ئیسرائیل داماڵرا، چونکە سندوقی خودا بردرا.»

## سندوقی خودا لە ئەشدۆد و عەقرۆن

٥ فەلەستییەکانیش سندوقی خودایان برد و لە بەردی یارمەتییەوە هێنایان بۆ ئەشدۆد[b]. [٢]ئینجا فەلەستییەکان سندوقی خودایان برد و هێنایان بۆ پەرستگای داگۆن و لەتەنیشت داگۆن[c] دایاننا. [٣]جا ئەشدۆدییەکان بۆ سبەینێ بەیانی زوو لە خەو هەستان و بینییان وا داگۆن لەبەردەم سندوقی یەزدان بەدەمدا کەوتووە! ئینجا داگۆنیان هەڵگرت و لە شوێنەکەی خۆی دایاننایەوە. [٤]بۆ سبەینێ بەیانی زوو لە خەو هەستان و بینییان وا داگۆن لەبەردەم سندوقی یەزدان بەدەمدا کەوتووە، سەری داگۆن و هەردوو دەستی بڕاونەتەوە و لەسەر سەکۆی دەروازەکە دانراون، تەنها بەشی سەرەوەی پەیکەری داگۆن ماوەتەوە. [٥]لەبەر ئەوە کاهینەکانی داگۆن و هەموو ئەوانەش کە دەچنە ناو پەرستگای داگۆن لە ئەشدۆد، هەتا ئەمڕۆش پێ لەسەر سەکۆی دەرگاکە نانێن.

[٦]یەزدان بە دەستێکی بەهێز لە خەڵکی ئەشدۆد و دەوروبەری دا، خراپەی بەسەرهێنان، تووشی ئاوسانی[d] جەستەی کردن. [٧]کاتێک پیاوانی ئەشدۆد بینییان وایە، گوتیان: «نابێت سندوقی خوداوەندی ئیسرائیل لەلامان بمێنێتەوە، چونکە دەستی لەسەر ئێمە و لەسەر داگۆنی خوداوەندمان قورس بووە.» [٨]جا ناردیان و هەموو حوکمڕانە فەلەستییەکانیان بۆ لای خۆیان کۆکردەوە و گوتیان: «چی لە سندوقی خوداوەندی ئیسرائیل بکەین؟»

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «با سندوقی خوداوەندی ئیسرائیل بگوازرێتەوە بۆ گەت.» ئینجا سندوقی خودای ئیسرائیلیان بۆ گەت گواستەوە.

[٩]بەڵام پاش ئەوەی گواستیانەوە، یەزدان دژایەتی شارەکەی کرد و زۆر بە توندی ئەوانی تۆقاند، لە خەڵکی شارەکەی دا، لە بچووکەوە هەتا گەورە، تووشی ئاوسان هاتن. [١٠]ئینجا سندوقی خودایان بۆ عەقرۆن نارد.

جا کە سندوقی خودا چووە ناو عەقرۆنەوە، عەقرۆنییەکان هاواریان کرد و گوتیان: «سندوقی خوداوەندی ئیسرائیلیان بۆ ناو ئێمە گواستەوە هەتا خۆمان و گەلەکەمان بکوژن.» [١١]جا ناردیان و هەموو حوکمڕانە فەلەستییەکانیان کۆکردەوە و گوتیان: «سندوقی خودای ئیسرائیل بنێرن و با بگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، با خۆمان و گەلەکەمان نەمرین.» چونکە ترسی مردن لەناو هەموو شارەکەدا هەبوو و دەستی خودا لەوێ زۆر قورس بوو. [١٢]ئەوانەش کە نەمردن تووشی ئاوسان بوون، هاواری شارەکە بۆ ئاسمان بەرزبووەوە.

## سندوقی یەزدان بۆ ئیسرائیل دەگێڕنەوە

٦ جا سندوقی یەزدان حەوت مانگ لە خاکی فەلەستییەکان بوو. [٢]فەلەستییەکانیش کاهین و فاڵگرەوەکانیان بانگکرد و گوتیان: «چی لە سندوقی یەزدان بکەین؟ پێمان بڵێن لەگەڵ چی بینێرینەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.»

[٣]ئەوانیش گوتیان: «ئەگەر سندوقی خوداوەندی

[a] ٢١ (ئیخاڤۆد) واتە شکۆمەند نییە.
[b] ١ شارێکی فەلەستییەکان بوو.
[c] ٢ واتە پەیکەری داگۆن.
[d] ٦ ئەم نەخۆشییە کە لە ڕێگای جرجەوە بووە، دەشێت تاعوونە ڕەشە بێت کە لووی لیمفاوی لەبن باڵ و بن ڕان دروستدەکات.

ئیسرائیلتان ناردەوە، ئەوا بە دەستی بەتاڵ مەینێرنەوە، بەڵکو بە تەواوی قوربانی تاوانی لەگەڵ بنێرن. ئینجا چاك دەبنەوە و دەزانن بۆچی دەستی لەسەر ئێوە هەڵنەگرتووە.»

٤پرسییان: «ئەو قوربانی تاوانە چییە کە بۆی بگەڕێنینەوە؟»

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «بەپێی ژمارەی حوکمڕانە فەلەستییەکان، پێنج پارچە زێڕ لە شێوەی ئاوسان و پێنج جرجی[a] زێڕین، چونکە خۆتان و حوکمڕانەکانتان تووشی هەمان دەرد بوون. ٥چەند پارچە زێڕێك لە شێوەی ئاوسان و جرجەکانتان دروستبکەن کە زەوی تێکدەدەن و خودای ئیسرائیل شکۆدار بکەن، بەڵکو دەستی لەسەر خۆتان و خوداوەندەکانتان و خاکەکەتان سووك بکاتەوە. ٦بۆچی دڵی خۆتان ڕەق دەکەن، وەك میسرییەکان و فیرعەون دڵی خۆیان ڕەقکرد؟ کاتێك خودا بە توندوتیژی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردن، ئایا ئیسرائیلییەکانیان ئازاد نەکرد و بە شوێنی خۆیاندا نەڕۆیشتن؟

٧«ئێستاش عەرەبانەیەکی نوێ ئامادە بکەن، لەگەڵ دوو مانگای شیردەر کە هەتا ئێستا نیریان لە مل نەکرابێت. مانگاکان بە عەرەبانەکەوە ببەستنەوە و گوێرەکەکانیان لێ دووربخەنەوە و بیانگەڕێننەوە ناو پشتیرەکە[b]. ٨ئینجا سندوقی یەزدان ببەن و بیخەنە سەر عەرەبانەکە، ئەو شتومەکە زێڕەی کە وەك قوربانی تاوان بۆی دەگەڕێننەوە لە سندوقێکی دیکەدا لەلایەوە دایبنێن. عەرەبانەکە بەڕەڵا بکەن با بڕوات، ٩بەڵام سەیر بکەن ئەگەر هاتوو بە ڕێگای سنوورەکەی خۆی سەرکەوت بەرەو بێتشەمەش، ئەوا یەزدان ئەم بەڵا گەورەیەی بەسەرماندا هێناوە، ئەگەرنا ئەوا دەزانین کە دەستی ئەو لێی نەداوین و بە ڕێککەوت بەسەرمان هاتووە.»

١٠پیاوەکانیش بەم جۆرەیان کرد، دوو مانگای شیردەریان برد و لە عەرەبانەکە بەستیانەوە، گوێرەکەکانیان لە پشتیرەکە بەند کرد، ١١سندوقی یەزدانیشیان لەگەڵ سندوقی پارچە زێڕەکان لە شێوەی ئاوسان و جرجە زێڕینەکان خستە سەر عەرەبانەکە. ١٢جا مانگاکان ڕێك ڕووەو ڕێگای بێتشەمەش ڕێیان گرتەبەر و هەردووکیان بە یەك ڕێگادا دەڕۆیشتن و دەیانبۆڕاند، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا لایان نەدا، حوکمڕانە فەلەستییەکانیش بەدوایانەوە هەتا سنووری بێتشەمەش ڕۆیشتن.

١٣خەڵکی بێتشەمەش لەو کاتەدا لە دۆڵەکە دروێنەی گەنمیان دەکرد، چاویان هەڵبڕی و سندوقەکەیان بینی، بە بینینی شاد بوون. ١٤عەرەبانەکە هات و لەناو کێڵگەکەی یەشوعی بێتشەمەشی ڕاوەستا، لەوێدا بەردێکی گەورە هەبوو. خەڵکەکە تەختەی عەرەبانەکەیان هەڵوەشاندەوە و مانگاکانیان کردە قوربانی سووتاندن و بۆ یەزدان پێشکەشیان کرد. ١٥لێڤییەکانیش سندوقی یەزدان و ئەو سندوقەی لەگەڵی بوو کە شتومەکە زێڕەکەی تێدابوو دایانگرت و لەسەر بەردە گەورەکە دایاننان. ئینجا پیاوانی بێتشەمەشیش لەو ڕۆژەدا قوربانی سووتاندن و قوربانی سەربڕاویان بۆ یەزدان پێشکەش کرد. ١٦پێنج حوکمڕانە فەلەستییەکانیش ئەمەیان بینی و لەو ڕۆژەدا گەڕانەوە بۆ عەقرۆن.

١٧ئەمەش ئەو ئاوسانییە زێڕانە بوون کە فەلەستییەکان وەك قوربانی تاوان بۆ یەزدانیان گەڕاندەوە، بۆ ئەشدۆد و غەزە و ئەسقەلان و گەت و عەقرۆن، هەر یەکی دانەیەك. ١٨ژمارەی جرجە زێڕینەکانیش بەپێی ژمارەی ئەو شارانەی فەلەستییەکان بوون کە سەر بە پێنج حوکمڕانەکە بوون؛ لە شاری قەڵابەندەوە هەتا گوندی دەشتودەر. ئەو بەردە گەورەیەی کە سندوقی یەزدانیان لەسەر دانا هەتا ئەمڕۆ شایەتییە، لەناو کێڵگەکەی یەشوعی بێتشەمەشی ماوە.

١٩بەڵام یەزدان لە پیاوانی بێتشەمەشی دا، حەفتا کەسیان مردن چونکە تەماشای ناو سندوقی

[a] ٤ یان جورج.

[b] ٧ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

یەزدانیان کرد. ئیتر گەل شیوەنیان گێڕا، چونکە یەزدان لێدانێکی گەورەی لە گەل دا. ٢٠ئینجا پیاوانی بێتشەمەش گوتیان: «کێ دەتوانێت لەبەردەم یەزدانی خودای پیرۆز ڕابوەستێت؟ لەلای ئێمەوە بۆ لای کێ سەردەکەوێت؟»

٢١ئیتر نێردراوانیان بۆ لای دانیشتووانی قیریەت یەعاریم نارد و گوتیان: «فەلەستییەکان سندوقی یەزدانیان گەڕاندەوە. دابەزن و بۆ لای خۆتان سەری بخەن.»

٧ ئینجا پیاوانی قیریەت یەعاریم هاتن و سندوقی یەزدانیان سەرخست و بردیانە ژوورەوە بۆ ماڵی ئەبیناداب کە لەسەر گردەکە بوو، ئەلعازاری کوڕیان تەرخان کرد بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی یەزدان.

## ساموئێل فەلەستییەکان لە میچپادا ژێردەستە دەکات

٢ئەوە بوو لە ڕۆژی داگرتنی سندوقەکەوە لە قیریەت یەعاریم، ماوەکە درێژەی کێشا و بیست ساڵی خایاند، هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل لەبەردەم یەزدان بە لاوانەوەوە نزایان دەکرد. ٣ساموئێل بە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلی گوت: «ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بە هەموو دڵتانەوە بگەڕێنەوە بۆ لای یەزدان، ئەوا ئەو خوداوەندە بێگانانە و عەشتۆرەتەکان لەنێو خۆتان دووربخەنەوە و دڵتان بۆ یەزدان ئامادە بکەن و تەنها ئەو بپەرستن، ئەویش لە دەست فەلەستییەکان فریاتان دەکەوێت.» ٤نەوەی ئیسرائیلیش بەعلەکان و عەشتۆرەتەکانیان دوورخستەوە و بە تەنها یەزدانیان پەرست.

٥ئینجا ساموئێل گوتی: «هەموو ئیسرائیل لە میچپا کۆبکەنەوە هەتا لە پێناوی ئێوە لە یەزدان بپاڕێمەوە.» ٦ئەوانیش لە میچپا کۆبوونەوە، ئاویان کێشا و لەبەردەم یەزداندا ڕشتیان، لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوون، لەوێ گوتیان: «ئێمە گوناهمان لە دژی یەزدان کردووە.» ساموئێل لە میچپادا ڕابەرایەتی نەوەی ئیسرائیلی کرد.

٧کاتێك فەلەستییەکان بیستیان نەوەی ئیسرائیل لە میچپا کۆبوونەوەتەوە، حوکمڕانە فەلەستییەکان سەرکەوتن بۆ هێرشبردنە سەر ئیسرائیل، نەوەی ئیسرائیلیش کە ئەمەیان بیست لە فەلەستییەکان ترسان. ٨نەوەی ئیسرائیل بە ساموئێلیان گوت: «لە پێناوی ئێمە بەردەوام بە لە هاوارکردن بۆ یەزدانی پەروەردگارمان، بەڵکو لە دەست فەلەستییەکان ڕزگارمان بکات.» ٩ساموئێلیش بەرخۆڵەیەکی شیرەخۆرەی برد و کردییە قوربانی سووتاندنێکی تەواو بۆ یەزدان. ساموئێل لە پێناوی ئیسرائیل هاواری بۆ یەزدان کرد و یەزدانیش وەڵامی دایەوە.

١٠ئەوە بوو کاتێك کە ساموئێل قوربانی سووتاندنەکەی پێشکەش دەکرد، فەلەستییەکان هاتنە پێش بۆ جەنگ لە دژی ئیسرائیل، بەڵام لەو ڕۆژەدا یەزدان بە دەنگێکی گەورە بەسەر فەلەستییەکاندا گرماندی و ئەوانی پەشۆکاند و لەبەردەم ئیسرائیلدا بەزین. ١١پیاوانی ئیسرائیلیش لە میچپا هاتنە دەرەوە و بەدوای فەلەستییەکان کەوتن و هەتا خوار بێتکار لێیان دان.

١٢ئینجا ساموئێل بەردێکی هەڵگرت و لەنێوان میچپا و شێن بە ستوونی ڕاگیری کرد و ناوی لێنا بەردی یارمەتی، گوتی: «یەزدان هەتا ئێرە یارمەتی داین.» ١٣بەم جۆرە فەلەستییەکان چاویان شکا و جارێکی دیکە نەهاتنەوە سەر سنووری ئیسرائیل.

یەزدانیش بە درێژایی ژیانی ساموئێل لە دژی فەلەستییەکان بوو. ١٤ئەو شارۆچکانەش کە فەلەستییەکان لە ئیسرائیلیان بردبوو گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل، لە عەقرۆنەوە هەتا گەت، ئیسرائیل سنوورەکانی خۆی لە چنگ فەلەستییەکان دەرهێنا. لەو کاتەدا لەنێوان گەلی ئیسرائیل و ئەمۆرییەکانیشدا پەیمانی ئاشتی هەبوو.

١٥ساموئێلیش بە درێژایی ژیانی ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و ١٦ساڵ لەدوای ساڵ دەڕۆیشت و دەگەڕا بەناو بێتئێل و گلگال و میچپادا و لە هەموو ئەو شوێنانەدا ڕابەرایەتی ئیسرائیلی دەکرد. ١٧بەڵام هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ ڕامە، چونکە ماڵەکەی لەوێ

بوو و لەوێ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی دەکرد و لەوێدا قوربانگایەکی بۆ یەزدان بنیاد نا.

## ئیسرائیل داوای پاشایەك دەكات

٨ ئەوە بوو کە ساموئێل پیر بوو کوڕەکانی کردە ڕابەری ئیسرائیل. [٢]ناوی کوڕە نۆبەرەکەی یۆئێل و ئەوەی دیکەشیان ئەبیا بوو، لە بیری شابەع دادوەرییان دەکرد. [٣]بەڵام کوڕەکانی بە ڕێگای ئەودا نەڕۆیشتن، بەڵکو بەلای دەستکەوتی ناڕەوا لایاندا و بەرتیلیان وەرگرت و دادپەروەرییان لە ڕێی ڕاست لادا.

[٤]جا هەموو پیرانی ئیسرائیل کۆبوونەوە و هاتنە ڕامە بۆ لای ساموئێل. [٥]پێیان گوت: «ئەوەتا تۆ پیر بوویت و کوڕەکانت بە ڕێگای تۆدا ناڕۆن. ئێستاش وەك هەموو نەتەوەکان پاشایەکمان بۆ دابنێ تاکو ڕابەرایەتیمان بکات.»

[٦]بەڵام ئەم شتە لەبەرچاوی ساموئێل خراپ بوو کاتێك گوتیان، «پاشایەکمان بدەرێ هەتا ڕابەرایەتیمان بکات،» جا ساموئێل نوێژی بۆ یەزدان کرد. [٧]یەزدانیش بە ساموئێلی فەرموو: «گوێ لە دەنگی ئەم گەلە بگرە لە هەموو ئەوەی کە پێت دەڵێن، چونکە ئەوان تۆیان ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵکو منیان ڕەتکردووەتەوە، وەك پاشایان. [٨]ئەوان ئێستا وا ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن هەروەك لەگەڵ من کردیان لەو ڕۆژەی لە میسرەوە دەرمهێنان هەتا ئەمڕۆ، وازیان لە من هێنا و خودای دیکەیان پەرست. [٩]ئێستاش گوێ لە دەنگیان بگرە، بەڵام بە ڕاستی ئاگاداریان بکەرەوە و پێیان ڕابگەیەنە لە مافەکانی ئەو پاشایە کە حوکمڕانییان دەکات.»

[١٠]ئینجا ساموئێل هەموو وشەکانی یەزدانی بەو خەڵکە گوت کە داوای پاشایان لێکرد. [١١]گوتی: «ئاوا دەبێت مافەکانی ئەو پاشایەی دەبێتە پاشاتان، کوڕەکانتان دەبات و دایاندەنێت بۆ گالیسکەکانی و بۆ سوارەکانی و لەپێش گالیسکەکانییەوە ڕادەکەن. [١٢]هەندێك وەك فەرماندەی هەزاران و پەنجاکان بۆ خۆی دادەنێت، هەندێکیش بۆ کێڵانی زەوییەکەی و دروێنەکردنی بەروبوومەکەی، هەندێکی دیکەشیان دادەنێت چەکی جەنگ و کەلوپەلی گالیسکەکانی بۆ دروستبکەن. [١٣]کچەکانیشتان دەبات ببن بە بۆنگرەوە و چێشتلێنەر و نانکەر. [١٤]باشترین کێڵگە و ڕەزی مێو و باغی زەیتوونەکانیشتان دەبات و دەیدات بە خزمەتکارەکانی. [١٥]دەیەکی دانەوێڵە و ڕەزەمێوەکانتان دەبات و دەیداتە کاربەدەست و خزمەتکارەکانی. [١٦]کۆیلە و کەنیزە و باشترین گا و گوێدرێژەکانتان دەبات و بۆ ئیشوکاری خۆی بەکاریاندەهێنێت. [١٧]دەیەکی مەڕومالاتتان دەبات و ئێوە دەبنە کۆیلەی[a] ئەو. [١٨]جا لەو ڕۆژەدا لەبەر پاشاکەتان هاوار دەکەن کە خۆتان هەڵتانبژاردووە، یەزدانیش لەو ڕۆژەدا وەڵامتان ناداتەوە.»

[١٩]بەڵام گەل گوێیان لە ساموئێل نەگرت و گوتیان: «نەخێر! ئێمە پاشایەکمان دەوێت پاشایەتیمان بکات، [٢٠]تاکو ئێمەش وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە بین، پاشایەك ڕابەرایەتیمان بکات و لەپێشمانەوە بڕوات و لە جەنگەکان بۆمان بجەنگێت.»

[٢١]جا ساموئێل گوێی لە هەموو قسەکانی گەل گرت و هەمووشی بە گوێی یەزداندا دا. [٢٢]یەزدانیش بە ساموئێلی فەرموو: «گوێ لە دەنگیان بگرە و پاشایەکیان بۆ دابنێ.»

ئینجا ساموئێل بە پیاوانی ئیسرائیلی گوت: «با هەرکەسە و بەرەو شارۆچکەکەی خۆی بڕواتەوە.»

## ساموئێل شاول دەستنیشان دەكات

٩ پیاوێکی بنیامینی هەبوو ناوی قیشی کوڕی ئەبیێلی کوڕی چەڕۆری کوڕی بەخۆرەتی کوڕی ئەفیەحی بنیامینی بوو، بە توانا و دەوڵەمەند بوو. [٢]کوڕێکی گەنج و قۆزی هەبوو ناوی شاول بوو، هیچ پیاوێك لەنێو نەوەی ئیسرائیل نەبوو لەو قۆزتر بێت، لە هەموو گەل هیچ کەس باڵای نەدەگەیشتە سەر شانی.

[٣]چەند ماکەرێکی قیشی باوکی شاول بزر بوون

[a] ١٧ وەك چۆن لە میسر کۆیلەی فیرعەون بوون. بڕوانە دەرچوون ١١:١ و دواوتار ٢١:٦؛ ٢٨:٦٨،٣٦.

و قیشیش بە شاولی کوڕی گوت: «تکایە یەکێك لە
خزمەتکارەکان لەگەڵ خۆتدا ببە و هەستە و بڕۆ
بەدوای ماکەرەکاندا بگەڕێ.» ٤ئەوانیش لە ناوچە
شاخاوییەکانی ئەفرایم و بە دەوروبەری شالیشادا
تێپەڕین، بەڵام نەیاندۆزینەوە. ئینجا لە زەوی
شەعەلیم پەڕینەوە، بەڵام دیار نەبوون. ئینجا لە
خاکی بنیامین پەڕینەوە، بەڵام نەیاندۆزینەوە.
٥کاتێك گەیشتنە ناو ناوچەی چوف، شاول بە
خزمەتکارەکەی گوت ئەوەی کە لەگەڵیدا بوو: «وەرە
با بگەڕێینەوە، نەوەك باوکم خەمی ماکەرەکان لەبیر
بکات و لە خەمی ئێمەدا بێت.»
٦بەڵام خزمەتکارەکەش پێی گوت: «وا پیاوێکی
خودا لەم شارۆچکەیەیە، پیاوێکی ڕێزدارە و هەموو
ئەوەی دەیڵێت، دەبێت. با ئێستا بچین بۆ ئەوێ،
بەڵکو پێمان بڵێت کام ڕێگا بگرینەبەر.»
٧شاولیش بە خزمەتکارەکەی گوت: «بەڵام
ئەگەر بچین، چی بۆ پیاوەکە ببەین؟ نان لەناو
هەگبەکانماندا نەماوە و هیچ دیارییەك نییە ببەین
بۆ پیاوەکەی خودا، چیمان پێیە؟»
٨خزمەتکارەکەش وەڵامی شاولی دایەوە گوتی:
«ئەوەتا من چارەکە شاقلێکی زیوم پێیە، دەیدەم
بە پیاوەکەی خودا و ڕێگاکەی خۆمان پێ دەڵێت.»
٩پێشتر لە ئیسرائیل هەر کاتێك پیاوێك بۆ زانینی
خواستی خودا دەچوو، وای دەگوت: «بڕۆ با بچین
بۆ لای پێشبینیکەرەکە،» چونکە پێغەمبەری ئەمڕۆ
پێشتر پێشبینیکەری پێ دەگوترا.
١٠شاولیش بە خزمەتکارەکەی گوت: «قسەکەت
باشە، وەرە با بڕۆین.» جا ڕۆیشتن بۆ ئەو
شارۆچکەیەی کە پیاوەکەی خودای لێبوو.
١١کاتێك ئەوان لە هەورازەکە بۆ شارۆچکەکە
سەردەکەوتن، چەند کچێکیان بینی کە بۆ ئاوکێشان
هاتبوونە دەرەوە و لێیان پرسین: «ئایا پێشبینیکەرەکە
لێرەیە؟»
١٢ئەوانیش وەڵامیان دانەوە و گوتیان: «بەڵێ،
ئەوەتا لەپێشتانە، ئێستا خێرا بکەن، چونکە ئەمڕۆ
بۆ شارۆچکەکە هاتووە، چونکە ئەمڕۆ گەل لە
نزرگەکەی سەر بەرزایی[a] قوربانی سەردەبڕن. ١٣کە
دەچنە ناو شارۆچکەکە دەستبەجێ دەیدۆزنەوە،
بەر لەوەی سەربکەوێتە نزرگەی سەر بەرزاییەکە بۆ
ئەوەی نان بخوات، چونکە گەل نان ناخۆن هەتا ئەو
دێت، چونکە ئەو داوای بەرەکەت بۆ قوربانییەکە
دەکات. پاش ئەوە بانگهێشتکراوەکان نان دەخۆن.
ئێستاش سەربکەون چونکە لەم کاتەدا چاوتان پێی
دەکەوێت.»
١٤ئینجا سەرکەوتن بۆ شارۆچکەکە، لەو کاتەدا
هاتنە ناو شارۆچکەکە، ئەوەتا ساموئێل بەرەو
ڕوویان هاتە دەرەوە تاکو بۆ نزرگەی سەر بەرزاییەکە
سەربکەوێت.
١٥بە ڕۆژێك بەر لە هاتنی شاول، یەزدان بۆ
ساموئێلی ئاشکرا کردبوو و فەرمووبووی: ١٦«سبەینێ
لەم کاتەدا لە خاکی بنیامینەوە پیاوێکت بۆ
دەنێرم، تۆش بە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلەکەم
دەستنیشانی[b] دەکەیت، جا گەلەکەم لە دەست
فەلەستییەکان ڕزگار دەکات، چونکە تەماشای
گەلەکەمم کرد، لەبەر ئەوەی هاواریان گەیشتە لای
من.»
١٧جا کە ساموئێل شاولی بینی، یەزدان پێی
فەرموو: «ئەوەتا ئەو پیاوەی کە پێم فەرموویت،
ئەمە حوکمڕانی گەلەکەم دەکات.»
١٨ئینجا شاول لەناوەڕاستی دەروازەکە بەرەو
ساموئێل چووە پێش و پێی گوت: «تکایە، پێم بڵێ
ماڵی پێشبینیکەرەکە لەکوێیە؟»
١٩ساموئێلیش وەڵامی شاولی دایەوە و گوتی: «من
پێشبینیکەرەکەم. لەپێشمەوە سەربکەون بۆ نزرگەی
سەر بەرزاییەکە و ئەمڕۆ نانم لەگەڵ بخۆن بەیانی

[a] ١٢ ئاماژەیە بۆ جێگایەکی بەرز کە گەل ڕێوڕەسمی پەرستنیان لێ ئەنجام دەدا، هەرچەندە لەلایەن خوداوە دەستنیشان نەکرابوو بۆ ئەمە.

[b] ١٦ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیح یان مەشیخ، کە بە واتای چەورکردن بە زەیت دێت وەك دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەك و پێ سپاردنی لەلایەن خوداوە.

ڕێگات دەدەم بڕۆیت و هەموو ئەوەی لە دڵتدایە
پێتی دەڵێم، ٢٠ئەو ماکەرانەش کە سێ ڕۆژە لێت بزر
بوون، دڵت لەلایان نەبێت، چونکە دۆزراونەتەوە.
ئەی هەموو خواستی ئیسرائیل بۆ کێیە، ئایا بۆ تۆ و
بۆ هەموو ماڵی باوکت نییە؟»[a]

٢١شاولیش وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئایا من
بنیامینی نیم، لە بچووکترین هۆزی ئیسرائیلدا و
خێڵەکەشم لە هەموو خێڵەکانی دیکەی هۆزی
بنیامین بچووکتر نییە؟ ئیتر بۆچی بەو شێوەیە قسەم
لەگەڵدا دەکەیت؟»

٢٢ئینجا ساموئێل شاول و خزمەتکارەکەی برد و
هەردووکیانی بۆ ناو دیوەخانەکە بردە ژوورەوە و لە
سەرووی هەموو بانگهێشتکراوان دایانان کە نزیکەی
سی پیاو دەبوون. ٢٣ساموئێل بە چێشتلێنەرەکەی
گوت: «ئەو بەشە بهێنە کە پێم دایت و پێم گوتی،
لەلای خۆت هەڵیبگرە.» ٢٤چێشتلێنەرەکەش ڕانەکە
و ئەوەی لەسەری بوو بەرزی کردەوە و لەبەردەم
شاول داینا، ساموئێل گوتی: «ئەوەتا ئەوەی
ماوەتەوە، بیخەرە بەردەمت و بخۆ، چونکە لە کاتی
بانگهێشتی میوانداریەکەمەوە هەتا ئەم کاتە بۆ تۆ
هەڵگیراوە.» جا شاول لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ساموئێل
نانی خوارد.

٢٥ئینجا لە نزرگەکەی سەر بەرزاییەوە بۆ
شارۆچکەکە دابەزین و ساموئێل لە سەربان لەگەڵ
شاول قسەی کرد. ٢٦زوو لە خەو هەستان و نزیکی
بەرەبەیان ساموئێل لە سەربانەکە بانگی شاولی
کرد و گوتی: «هەستە تاکو بەڕێت بکەم.» شاولیش
هەستا، هەردووکیان، شاول و ساموئێل پێکەوە
چوونە دەرەوە. ٢٧كاتێك هەردووکیان بەرەو کەناری
شارۆچکەکە دادەبەزین، ساموئێل بە شاولی گوت:
«بە خزمەتکارەکەت بڵێ با لەپێشمانەوە بڕوات.»
ئەویش لەپێشیانەوە ڕۆیشت. ساموئێل پێی گوت:
«بەڵام تۆ ئێستا ڕابوەستە بۆ ئەوەی پەیامی خودات
پێ ڕابگەیەنم.»

[a] ٢٠ بێگومان خواستی گەلی ئیسرائیل ئەوە بوو کە ساموئێل پاشایەك بۆ گەل دەستنیشان بکات.

١٠ ئینجا ساموئێل گۆزە زەیتەکەی هەڵگرت
و بەسەر سەری شاولدا ڕشتی و ماچی
کرد و گوتی: «ئایا یەزدان دەستنیشانی نەکردوویت
ببیتە فەرمانڕەوای میراتەکەی[b]؟ ٢ئەمڕۆ کە لای من
دەڕۆیت، لەلای گۆڕی ڕاحێل لە سنووری بنیامین
لە چەلچەح دوو پیاو دەبینیت و پێت دەڵێن:
”ماکەرەکان دۆزرانەوە کە بۆ دۆزینەوەیان ڕۆیشتن،
ئەوەتا باوکت وازی لە بابەتی ماکەرەکان هێناوە و
دڵی لای ئێوەیە، دەڵێت، ’چی بکەم سەبارەت بە
کوڕەکەم؟‘“»

٣«ئینجا ئەوێ بەجێدەهێڵێت و دەڕۆیت، هەتا
دەگەیتە دار بەڕووەکەی تاڤۆر، لەوێدا سێ پیاو
دەبینیت بۆ لای خودا سەردەکەون بۆ بێتئێل،
یەكێكیان سێ کارەبزن و ئەوی دیکەیان سێ کولێرە
و ئەوی دیکەشیان مەشکەیەك شەرابی هەڵگرتووە.
٤ئەوان سڵاوت لێ دەکەن و دوو نانت دەدەنێ و
تۆش لە دەستیان وەردەگریت.

٥«پاشان بۆ گیڤعای خودا دەڕۆیت کە سەربازگەی
فەلەستییەکانی لێیە. لەوێ كاتێك دەگەیتە
شارۆچکەکە، دەستەیەك لە پێغەمبەران دەبینیت
کە لە نزرگەی سەر بەرزاییەکەوە دابەزیون و
لەبەردەمیانەوە ساز و دەف و شمشاڵ و قیسارە
لێدەدرێت و ئەوانیش حاڵ دەگرن. ٦ئینجا ڕۆحی
یەزدان بە تواناوە دێتە سەرت و لەگەڵ ئەوان حاڵ
دەگریت و دەگۆڕدرێیت بۆ پیاوێکی دیکە. ٧كاتێك
ئەم نیشانانە هاتن، ئەوەی لە دەستت دێ بیکە،
چونکە خودات لەگەڵدایە.

٨«لەپێشمەوە دابەزە بۆ گلگال و منیش وا بۆ
لای تۆ دادەبەزم هەتا قوربانی سووتاندن پێشکەش
بکەم و قوربانی هاوبەشی[c] سەرببڕم، حەوت ڕۆژ

[b] ١ واتە گەلی یەزدان، گەلی ئیسرائیل.

[c] ٨ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودادا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

چاوەڕوان دەبیت هەتا دێمە لات و نیشانت دەدەم چی بکەیت.»

## شاول دەبێتە پاشا

[٩]کاتێک شاول ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوەی لەلای ساموئێل بڕوات، خودا دڵێکی دیکەی بە شاول دا و هەموو ئەو نیشانانەش لەو ڕۆژەدا هاتنە دی. [١٠]کاتێک گەیشتنە گیڤعا، دەستەیەک لە پێغەمبەران بەرەو ڕووی هاتن، جا ڕۆحی خودا بە تواناوە هاتە سەری و لەناوەڕاستیاندا حاڵی گرت. [١١]کاتێک ئەوانەی کە پێشتر دەیانناسی بینییان لەگەڵ پێغەمبەرەکان حاڵی گرتووە، خەڵکەکە هەریەکە و بەوی دیکەی گوت: «ئایا لە کوڕەکەی قیش چی ڕوویداوە؟ ئایا شاولیش لە ڕیزی پێغەمبەرەکانە؟»

[١٢]جا پیاوێک لەوێ وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەی باوکیان کێیە؟» بۆیە ئەمە بووە بە پەند: «ئایا شاولیش لە ڕیزی پێغەمبەرەکانە؟» [١٣]پاش ئەوەی لە حاڵ گرتن بووەوە، شاول چوو بۆ نزرگەی سەر بەرزاییەکە.

[١٤]مامی شاول بە ئەو و بە خزمەتکارەکەی گوت: «بۆ کوێ چوون؟»

ئەویش گوتی: «بۆ گەڕان بەدوای ماکەرەکاندا، بەڵام کاتێک بینیمان نادۆزرێنەوە چووین بۆ لای ساموئێل.»

[١٥]مامی شاولیش گوتی: «پێم بڵێ ساموئێل چی پێ گوتن.»

[١٦]شاولیش بە مامی گوت: «پێی گوتین کە ماکەرەکان دۆزراونەتەوە.» بەڵام لەبارەی پاشایەتییەکەوە بە مامی نەگوت کە ساموئێل چی گوتبوو.

[١٧]ئینجا ساموئێل گەلی بۆ لای یەزدان بۆ میچپا بانگکرد و [١٨]بە نەوەی ئیسرائیلی گوت: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”من ئیسرائیلم لە میسرەوە هێنایە دەرەوە و فریاتان کەوتم لە دەست میسرییەکان و لە دەستی هەموو ئەو پاشاییەتییانەی کە دەیانچەوساندنەوە.“ [١٩]بەڵام ئێوە ئەمڕۆ خودای خۆتان ڕەتکردووەتەوە کە لە هەموو ناخۆشی و بەڵایەکتان ڕزگاری کردوون، پێی دەڵێن: ”نەخێر، بەڵکو پاشایەکمان بۆ دابنێ.“ ئێستاش بەپێی هۆز و خێڵەکانتان لەبەردەم یەزداندا ڕاوەستن.»

[٢٠]ئینجا ساموئێل هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلی هێنایە پێشەوە و هۆزی بنیامین هەڵبژێردرا. [٢١]ئینجا هۆزی بنیامینی بەگوێرەی خێڵەکانیان هێنایە پێشەوە، لەنێویاندا خێڵی ماتری هەڵبژێردرا، لە ئەنجامدا شاولی کوڕی قیش هەڵبژێردرا. ئینجا بەدوایدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە. [٢٢]جا جارێکی دیکە لە یەزدانیان پرسی: «ئایا ئەو پیاوە بۆ ئێرە دێت؟»

یەزدانیش فەرمووی: «ئەوەتا خۆی لەناو شتومەکەکاندا شاردووەتەوە.»

[٢٣]ئەوانیش ڕایانکرد و لەوێوە هێنایان، کە لەنێو گەلدا ڕاوەستا، لە شانی و بەسەرەوە لە هەموو خەڵکی باڵای بەرزتر بوو. [٢٤]ئینجا ساموئێل بە هەموو گەلی گوت: «ئەوتان بینی کە یەزدان هەڵیبژاردووە، لەنێو هەموو گەلدا کەس لە وێنەی ئەو نییە.»

ئینجا هەموو گەل هاواریان کرد و گوتیان: «بژی پاشا!»

[٢٥]ئینجا ساموئێل باسی یاسای بەڕێوەبردنی پاشایەتی[a] بۆ گەل کرد و لە تۆمارێکدا نووسییەوە و لەبەردەم یەزداندا داینا. پاشان ساموئێل هەموو گەلی ڕەوانە کرد، هەریەکە و بۆ ماڵی خۆی.

[٢٦]هەروەها شاولیش گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی لە گیڤعا لەگەڵ ئەو قارەمانانەی کە خودا خستبوویە دڵیانەوە. [٢٧]بەڵام خەڵکانێکی گێرەشێوێن گوتیان: «چۆن ئەمە ڕزگارمان دەکات؟» جا بە کەم تەماشایان کرد و هیچ دیارییەکیان پێشکەش نەکرد. بەڵام شاول لێی بێدەنگ بوو.

## شاول شاری یاڤێش ڕزگار دەکات

١١ ئینجا ناحاشی عەمۆنی سەرکەوت و یاڤێش گلعادی گەمارۆ دا، هەموو پیاوانی یاڤێش

[a] ٢٥ واتە ماف و پابەندبوون بە حوکمی پاشا.

بە ناحاشیان گوت: «پەیمانمان لەگەڵدا ببەستە و ئێمەش دەبین بە خزمەتکارت.»

٢بەڵام ناحاشی عەمۆنی وەڵامی دانەوە: «بەمە پەیمانتان لەگەڵدا دەبەستم، بە هەڵکۆڵینی چاوی ڕاستی هەر هەمووتان تاکو ببنە مایەی سەرشۆڕی هەموو ئیسرائیل.»

٣پیرانی یابێشیش پێیان گوت: «حەوت ڕۆژ مۆڵەتمان بدەرێ تاکو نێرداو بۆ هەموو خاکی ئیسرائیل بنێرین و ئەگەر کەس نەبوو ڕزگارمان بکات، ئەوا خۆمان دەدەینە دەست تۆ.»

٤جا نێردراوەکان هاتن بۆ گیڤعای شاول و ئەو قسەیەیان بە گەل گوت و گەلیش دەنگیان بەرزکردەوە و گریان. ٥لەو کاتەدا شاول لەدوای گاگەلەکەوە لە کێڵگەوە دەگەڕایەوە، شاول گوتی: «چی لە گەل ڕوویداوە، بۆچی دەگرین؟» ئەوانیش قسەکانی پیاوانی یابێشیان بۆ گێڕایەوە.

٦کاتێک شاول گوێی لەم قسانە بوو، ڕۆحی خودا بە تواناوە هاتە سەری و زۆر تووڕە بوو. ٧ئینجا دوو گای گرت و پارچەپارچەی کردن و بە دەستی نێردراوەکاندا بۆ هەموو خاکی ئیسرائیلی نارد و گوتی: «ئەوەی بەشوێن شاول و ساموئێل[a] نەکەوێت، گایەکانی ئاوایان لێ دەکرێت.» جا ترسی یەزدان کەوتە سەر گەل و هەموویان وەک یەک پیاو هاتنە دەرەوە. ٨کاتێک شاول لە بەزەقدا ژماردنی، نەوەی ئیسرائیل سێ سەد هەزار و پیاوانی یەهوداش سی هەزار بوون.

٩بە نێردراوەکانیان گوت کە هاتبوون: «ئاوا دەڵێن بە پیاوانی یابێش گلعاد: ”سبەینێ کاتێک خۆر گەرم دادێت، ڕزگاریتان بۆ دەبێت.“» ئینجا نێردراوەکان چوون و بە پیاوانی یابێشیان ڕاگەیاند، ئەوانیش دڵخۆش بوون. ١٠پیاوانی یابێش بە عەمۆنییەکانیان گوت: «سبەینێ خۆمان دەدەینە دەست ئێوە و ئێوەش چی بە باش دەزانن ئەوەمان لەگەڵدا بکەن.»

١١بۆ سبەینێ شاول سوپاکەی کردە سێ لەشکر، لە بەرەبەیاندا هاتنە ناوەڕاستی ئۆردوگاکە و هەتا ئەو کاتەی خۆر گەرم داهات لە عەمۆنییەکانیان دا، ئەوانەش کە مانەوە پەرتەوازە بوون، هەتا وای لێهات دوو کەسیان بەیەکەوە نەمانەوە.

## گەل پاشایەتییەکەی شاول دووپات دەکەنەوە

١٢ئینجا گەل بە ساموئێلیان گوت: «کێن ئەوانەی دەڵێن: ”ئایا شاول وەک پاشا پاشایەتیمان دەکات؟“ ئەو پیاوانەمان بدەنێ با بیانکوژین.»

١٣بەڵام شاول گوتی: «کەس لەم ڕۆژەدا ناکوژرێت، چونکە لەم ڕۆژەدا یەزدان فریای ئیسرائیل کەوت.»

١٤پاشان ساموئێل بە گەلی گوت: «وەرن، با بچینە گلگال و لەوێ پاشایەتییەکە دووپات بکەینەوە.» ١٥جا هەموو گەل چوونە گلگال و لەوێ لەبەردەم یەزدان پاشایەتی شاولیان دووپات کردەوە و لەوێ قوربانی هاوبەشییان لەبەردەم یەزدان سەربڕی و لەوێ شاول و هەموو پیاوانی ئیسرائیل ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕا.

## دوا وتاری ساموئێل

١٢ ئینجا ساموئێل بە هەموو ئیسرائیلی گوت: «ئەوەتا من گوێم لە دەنگتان گرت، لە هەموو ئەو شتانەی کە پێتان گوتم، پاشایەکم بۆ دانان. ٢ئێستاش تەماشا بکەن، پاشا لەپێشتان دەڕوات. بەڵام من پیر بووم و سەرم سپی بووە، کوڕەکانیشم لەگەڵتاندان. من هەر لە لاوێتیمەوە هەتا ئەمڕۆ لەپێشتانەوە ڕۆیشتووم. ٣ئەوەتام و لەبەردەم یەزدان و دەستنیشانکراوەکەی شایەتیم لەسەر بدەن. ئایا گا و گوێدرێژی کێم بردووە؟ ئایا کێم هەڵخەڵەتاندووە؟ ئایا کێم چەوساندووەتەوە؟ ئایا بەرتیلم لە دەستی کێ وەرگرتووە تاکو چاوەکانم لە ئاستیدا دابخەم؟ پێم بڵێن تاکو بیگەڕێنمەوە.»

٤ئەوانیش گوتیان: «تۆ ئێمەت هەڵنەخەڵەتاندووە و نەتچەوساندووینەتەوە و هیچت لە دەستی کەس وەرنەگرتووە.»

٥ساموئێلیش پێی گوتن: «یەزدان شایەتە لەسەرتان

---

[a] ٧ واتە چوون بۆ جەنگ لە دژی ناحاشی عەمۆنی.

و دەستنیشانکراوەکەی ئەمڕۆ شایەتە کە ئێوە هیچ شتێکتان لەسەرم نییە.»

گوتیان: «شایەتە.»

[٦]ئینجا ساموئێل بە گەلی گوت: «ئەمە یەزدانە، ئەوەی موسا و هارونی دانا، ئەوەی باوباپیرانی ئێوەی لە خاکی میسر دەرهێنا. [٧]ئێستاش لێرە ڕابوەستن، بۆ ئەوەی لەبەردەمی یەزدان کارە ڕاستودروستەکانی ئەوتان بیربخەمەوە کە لەگەڵ ئێوە و باوباپیرانتان کردوویەتی.

[٨]«کە یاقوب چووە ناو میسر و باوباپیرانتان هاواریان بۆ یەزدان کرد و یەزدانیش موسا و هارونی نارد و باوباپیرانی ئێوەی لە میسر هێنایە دەرەوە و لەم شوێنەدا نیشتەجێی کردن.

[٩]«بەڵام یەزدانی پەروەردگاری خۆیان لە یاد کرد و ئەویش ڕادەستی سیسرای فەرماندەی گشتی سوپای حاچۆر و فەلەستییەکان و پاشای مۆئابی کردن و جەنگیان لەگەڵ کردن. [١٠]ئینجا هاواریان بۆ یەزدان کرد و گوتیان: ”گوناهمان کرد، چونکە وازمان لە یەزدان هێنا و بەعلەکان و عەشتۆرەتەکانمان پەرست بەڵام ئێستا لە دەست دوژمنەکانمان فریامان بکەوە و دەتپەرستین.“ [١١]ئینجا یەزدان یەروبەعل[a] و باراك و یەفتاح و ساموئێلی نارد و لە دەست دوژمنەکانی دەوروبەرتان فریاتان کەوت و بە ئاسوودەیی دانیشتن.

[١٢]«بەڵام کاتێك ناحاشی پاشای عەمۆنییەکانتان بینی دێتە سەرتان، پێتان گوتم: ”نەخێر پاشایەکمان دەوێت فەرمانڕەوایەتیمان بکات،“ هەرچەندە یەزدانی پەروەردگارتان پاشاتان بوو. [١٣]ئێستاش ئەو پاشایەی کە هەڵتانبژارد و داواتان کرد، ئەوەتا یەزدان بۆی دانان. [١٤]ئەگەر لە یەزدان بترسن و بیپەرستن، گوێڕایەڵی بن و لە فەرمانەکانی یاخی نەبن، ئەگەر خۆتان و پاشاکەشتان کە پاشایەتیتان دەکات بەدوای یەزدانی پەروەردگارتان بکەون، ئەوا باشەتان بۆ دەبێت. [١٥]بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵی یەزدان نەبوون و لە فەرمانەکانی یەزدانتان یاخی بوون، ئەوا یەزدان لە دژتان دەبێت هەروەك چۆن لە دژی باوباپیرانتان بوو.

[١٦]«هەروەها ئێستاش ڕابوەستن و ئەم کارە مەزنە ببینن کە یەزدان لەبەرچاوتاندا دەیکات. [١٧]ئایا ئەمڕۆ دروێنەی گەنم نییە؟ من بانگی یەزدان دەکەم و هەورەتریشقە و باران دەبارێنێت، جا بزانن و ببینن خراپەکەتان گەورەیە کە لەبەرچاوی یەزداندا کردووتانە، کە داوای پاشایەکتان بۆ خۆتان کرد.»

[١٨]ئینجا ساموئێل لەبەردەم یەزدان نزای کرد و یەزدانیش لەو ڕۆژەدا هەورەتریشقە و بارانی باراند و هەموو گەل زۆر لە یەزدان و لە ساموئێل ترسان. [١٩]ئینجا هەموو گەل بە ساموئێلیان گوت: «لە پێناو خزمەتکارەکانت نزا بۆ یەزدانی پەروەردگارت بکە، با نەمرین، چونکە خراپەمان خستە پاڵ هەموو گوناهەکانمان کە بۆ خۆمان داوای پاشامان کرد.»

[٢٠]ساموئێلیش بە گەلی گوت: «مەترسن! ئێوە هەموو ئەم خراپەیەتان کردووە، بەڵام لە ڕێگەی یەزدان لامەدەن و بە هەموو دڵتانەوە خزمەتی بکەن. [٢١]لامەدەن تاکو بەدوای شتی پووچەوە بکەون کە سوودیان نییە و فریاتان ناکەون، چونکە پڕوپووچن. [٢٢]یەزدان لە پێناوی ناوە مەزنەکەی خۆی واز لە گەلی خۆی ناهێنێت، چونکە یەزدان خوازیاربوو بتانکاتە گەلی خۆی. [٢٣]هەروەها منیش، حاشا گوناه لە دژی یەزدان بکەم و دەست لە پاڕانەوە هەڵبگرم لە پێناوی ئێوە، بەڵکو ڕێگای چاك و ڕاستتان پیشان دەدەم. [٢٤]تەنها لە یەزدان بترسن، بە هەموو دڵتانەوە بە ڕاستی بیپەرستن، چونکە ببینن چ کارێکی مەزنی لەگەڵتاندا کردووە. [٢٥]بەڵام ئەگەر خراپە بکەن، خۆتان و پاشاکەتان ڕادەماڵرێن.»

## ساموئێل سەرزەنشتی شاول دەکات

١٣ شاول تەمەنی سی ساڵ بوو کاتێك بوو بە پاشا، چل[b] و دوو ساڵ وەك پاشا پاشایەتی ئیسرائیلی کرد.

[٢]شاول سێ هەزار کەسی لە ئیسرائیل بۆ خۆی

---

[a] ١١ یەروبەعل: کە گدعۆن.

[b] ١ بڕوانە کردار ١٣:٢١.

هەڵبژارد، دوو هەزار لەگەڵ شاول بوون لە میخماس و ناوچە شاخاوییەکانی بێتئێل و هەزاریش لەگەڵ یۆناتان[a] بوون لە گیڤعای بنیامین و پاشماوەی گەلەکەشی ناردەوە، هەریەکە و بۆ ماڵەکەی خۆی.

٣یۆناتان لە سەربازگەی فەلەستییەکانی دا ئەوەی لە گەڤەعە، فەلەستییەکان ئەمەیان بیستەوە و شاولیش لە هەموو زەوییەکەدا فووی بە کەڕەنادا کرد و گوتی: «با هەموو عیبرانییەکان گوێیان لێ بێت!» ٤جا هەموو ئیسرائیل بیستیان کە شاول لە سەربازگەی فەلەستییەکانی داوە و ئیسرائیلیش لای فەلەستییەکان قێزەون بووە، جا گەل بۆ لای شاول بانگ کران و لە گلگال کۆبوونەوە.

٥ئینجا فەلەستییەکان بۆ جەنگ لە دژی ئیسرائیل کۆبوونەوە، سێ هەزار گالیسکە و شەش هەزار گالیسکەسوار و سەربازەکانیش لە زۆریدا وەك لمی سەر کەناری دەریا بوون، جا سەرکەوتن و لە میخماس لە ڕۆژهەڵاتی بێتئاڤن چادریان هەڵدا. ٦کاتێك پیاوانی ئیسرائیل بینییان لە مەترسیدان لەبەر ئەوەی سوپاکەیان تەنگەتاو بووە، ئیتر خۆیان لەناو ئەشکەوت و دڕکوداڵەکان و لەنێو تاشەبەردەکان و لەناو چاڵ و ئەمباراوەکاندا شاردەوە، ٧تەنانەت هەندێك لە عیبرانییەکان لە ڕووباری ئوردونەوە بۆ خاکی گاد و گلعاد پەڕینەوە.

شاولیش هێشتا لە گلگالدا بوو و هەموو سەربازەکان کە بەدوایەوە بوون ترسان. ٨ئینجا حەوت ڕۆژ مایەوە هەتا ئەو کاتەی ساموئێل دیاری کردبوو، بەڵام ساموئێل نەهات بۆ گلگال و سەربازەکان وازیان لە شاول دەهێنا و پەرتوبڵاو دەبوونەوە. ٩بۆیە شاول گوتی: «قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشیم بۆ بهێننە پێش.» جا قوربانی سووتاندنەکانی پێشکەش کرد و ١٠ئەوە بوو کە لە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندنەکان بووەوە، ساموئێل هات، شاولیش بەرەو ڕووی چوو تاوەکو پێشوازی لێ بکات.

١١ساموئێلیش لێی پرسی: «ئەوە چیت کرد؟»

شاولیش وەڵامی دایەوە: «لەبەر ئەوەی بینیم کە گەل لێم پەرتوبڵاو بوونەوە و تۆش لە ڕۆژانی دیاریکراودا نەهاتیت و فەلەستییەکانیش لە میخماسدا کۆببوونەوە، ١٢گوتم: ”ئێستا فەلەستییەکان بۆم دێنە خوارەوە بۆ گلگال، بەر لەوەی داوای ڕەزامەندی یەزدان بکەم.“ ئیتر زۆرم بۆ خۆم هێنا و قوربانییەکەی سووتاندنم پێشکەش کرد.»

١٣ساموئێلیش بە شاولی گوت: «گێلایەتیت کرد و فەرمانی یەزدانی پەروەردگارت نەپاراست، کە فەرمانی پێ کردبوویت. ئەگەر فەرمانەکانی خودات ئەنجام بدابایە، ئەوا یەزدان بۆ هەتاهەتایە پاشایەتییەکەی تۆی بەسەر ئیسرائیلدا دەچەسپاند. ١٤بەڵام ئێستا پاشایەتییەکەت بەردەوام نابێت، یەزدان بەدوای پیاوێکی دیکەدا گەڕا بە دڵی خۆی بێت، تاوەکو فەرمانڕەوایەتی گەلەکەی بکات، چونکە گوێڕایەڵ نەبوویت بۆ ئەوەی کە یەزدان فەرمانی پێ کردبوویت.»

١٥ئینجا ساموئێل هەستا و لە گلگالەوە چووە گیڤعای بنیامین، شاولیش ئەو پیاوانەی ژمارد کە لەگەڵیدا بوون، نزیکەی شەش سەد پیاو بوون.

## گەلی ئیسرائیل بەبێ چەك

١٦شاول و یۆناتانی کوڕی و ئەو پیاوانەی لەگەڵیاندا بوون لە گیڤعای بنیامیندا نیشتەجێ بوون، فەلەستییەکانیش لە میخماسدا چادریان هەڵدا. ١٧ئینجا تێکدەرەکان لە ئۆردوگای فەلەستییەکانەوە بە سێ دەستە چوونە دەرەوە. دەستەیەکیان بەرەو ڕێگای عۆفرا لە خاکی شوعال، ١٨دەستەیەکی دیکە بەرەو ڕێگای بێتحۆرۆن، دەستەکەی دیکەش بەرەو ڕێگای ئەو سنوورەی دەڕوانێتە سەر دۆڵی چەڤۆعیم ڕووەو چۆڵەوانی چوون.

١٩لەناو هەموو خاکی ئیسرائیلیش ئاسنگەرێك بەدی نەدەکرا، چونکە فەلەستییەکان گوتبوویان: «نەوەك عیبرانییەکان شمشێر و ڕم دروستبکەن!» ٢٠لەبەر ئەوە هەموو ئیسرائیل دادەبەزین بۆ لای فەلەستییەکان تاکو هەریەکە گاسن و تەور

[a] ٢ کوڕی شاول بوو.

و پاچ و داسەکەی خۆی تیژ بکاتەوە، [٢١]جا کرێی تیژکردنەوەی گاسن و پاچ دوو سێیەکی شاقڵ[a] بوو، بۆ تیژکردنەوەی شەنە سێ چوکڵەکان و تەور یان بۆ دانانی نەقیزە[b] سێیەکی شاقڵ[c] بوو.

[٢٢]ئیتر لە ڕۆژی جەنگەکە هەموو ئەو گەلەی لەگەڵ شاول و یۆناتان بوون هیچ شمشێر و ڕمێکیان بەدەستەوە نەبوو، تەنها شاول و یۆناتانی کوڕی بەدەستیانەوە بوو.

## یۆناتان هێرش دەکاتە سەر فەلەستییەکان

[٢٣]ئەوە بوو هێزی فەلەستییەکان چووبوونە دەربەندی میخماس.

١٤ ڕۆژێك یۆناتانی کوڕی شاول بەو لاوەی گوت کە تفاقەکەی بۆ هەڵدەگرت: «وەرە، با بپەڕینەوە سەربازگەی فەلەستییەکان، ئەوانەی لەوبەرن.» بەڵام بە باوکی نەگوت.

[٢]شاولیش لە قەراغی گیڤعادا لەژێر ئەو دار هەنارەی لە میگرۆنە دانیشتبوو، ئەو خەڵکەش کە لەگەڵی مابوونەوە نزیکەی شەش سەد پیاو بوون، [٣]لەنێوانیان ئاحییای کاهین بوو کە ئێفۆدی لەبەردا بوو. ئاحییا کوڕی ئەحیتوڤی برای ئیخاڤۆدی کوڕی فینەحاسی کوڕی عێلی کە کاهینی یەزدان بووە لە شیلۆ، خەڵکەکەش کەس نەیدەزانی کە یۆناتان ڕۆیشتووە.

[٤]لەنێوان ئەو دەربەندەی کە یۆناتان ویستی لێی بپەڕێتەوە بۆ سەربازگەی فەلەستییەکان هەڵدێرێك لەم بەر و هەڵدێرێك لەو بەر هەبوو، ناوی یەکێکیان بۆچێچ و ناوی ئەوی دیکەیان سەنە بوو. [٥]یەکێکیان ڕووی لە باکوور بوو بەرامبەر بە میخماس چەقی بوو و ئەوەی دیکەیان ڕووی لە باشوور بوو بەرامبەر بە گەڤەع.

[٦]ئینجا یۆناتان بە لاوەکەی گوت کە هەڵگری تفاقەکانی بوو: «وەرە، با بپەڕینەوە سەربازگەی ئەو خەتەنە نەکراوانە، بەڵکو یەزدان کارێکی وامان بۆ بکات، چونکە هیچ شتێك ناتوانێت لەبەردەم یەزدان ببێتە بەربەست بۆ ڕزگارکردن، چ زۆر بین یان کەم.»

[٧]هەڵگری تفاقەکانیشی گوتی: «هەرچی لەسەر دڵتە ئەوە بکە و پێش بکەوە. ئەوەتا، منیش بە تەواوی لەگەڵتدام.»

[٨]یۆناتانیش گوتی: «ئەوەتا ئێمە دەپەڕینەوە بۆ لای ئەو پیاوانە و خۆمانیان نیشان دەدەین، [٩]ئەگەر پێیان گوتین: ”ڕابوەستن هەتا دەگەینە لاتان،“ لە شوێنی خۆماندا ڕادەوەستین و سەرناکەوین بۆ لایان. [١٠]بەڵام ئەگەر گوتیان: ”سەربکەون بۆ لامان،“ ئەوا سەردەکەوین، چونکە یەزدان ئەوانی داوەتە دەستمانەوە، ئەمەش نیشانەیە بۆمان.»

[١١]ئینجا هەردووکیان خۆیان بۆ سەربازگەی فەلەستییەکان دەرخست و فەلەستییەکانیش گوتیان: «تەماشا بکەن، عیبرانییەکان لەو کونانە دێنە دەرەوە کە خۆیان تێیدا شاردبووەوە.» [١٢]ئینجا پیاوانی سەربازگەکە هاواریان لە یۆناتان و هەڵگری تفاقەکانی کرد و گوتیان: «سەربکەون بۆ لامان، شتێکتان فێر دەکەین.»

یۆناتانیش بە هەڵگری تفاقەکەی گوت: «بەدوامدا سەربکەوە، چونکە یەزدان ئەوانی داوەتە دەست گەلی ئیسرائیل.»

[١٣]یۆناتان بە دەست و پێیەکانی سەرکەوت و هەڵگری تفاقەکانیشی بەدوایەوە بوو. فەلەستییەکانیش لەبەردەم یۆناتان کەوتن و هەڵگری تفاقەکانیشی لەدوایەوە دەیکوشتن، [١٤]یەکەم گورز کە یۆناتان و هەڵگری تفاقەکانی وەشاندییان، نزیکەی بیست پیاویان کوشت، لە ڕووبەرێك بەقەد نیوەی ئەو زەوییەی جووتێك گا دەتوانن لە یەك ڕۆژ بیکێڵن.

## تەفروتوناکردنی فەلەستییەکان

[١٥]ترسێکی ئێجگار زۆر نیشت لە ئۆردوگا و لەوانەی لە کێڵگە بوون، لە سەربازگەکە و

---

[a] ٢١ دوو سێیەکی شاقڵ: نزیکەی ٨ گرام زیو.
[b] ٢١ نەقیزە دارێك بوو کە بەکاریاندەهێنا بۆ تێوەژاندنی ئاژەڵ، بۆ ئەوەی لە ڕۆیشتندا ڕێڕەوی ڕاست بگرێت.
[c] ٢١ سێیەکی شاقڵ: نزیکەی٤ گرامی زیو.

تێکدەرەکان و هەموو سوپا، زەویش لەرزی. ترسێکی ئێجگار زۆر لە خوداوە.

[16]ئێشکگرەکانی شاول لە گیڤعای بنیامینەوە بینییان کە سوپاکە توایەوە و بە هەموو لایەکدا پەرتەوازە بوون.

[17]ئینجا شاول بەو لەشکرەی گوت کە لەگەڵی بوون: «تکایە سەرژمێری بکەن و ببینن کێ لە ئێمە ڕۆیشتووە.» ئەوانیش سەرژمێرییان کرد و بینییان وا یۆناتان و هەڵگری تفاقەکانی لەوێ نەبوون.

[18]شاول بە ئاحییای گوت: «سندوقی خودا بهێنە ئێرە.» چونکە لەو ڕۆژانەدا سندوقی خودا لەلای نەوەی ئیسرائیل بوو. [19]هێشتا شاول قسەی لەگەڵ کاهینەکە دەکرد، هەراوهۆریا لەناو ئۆردوگای فەلەستییەکان هەتا دەهات زیاتر دەبوو، بۆیە شاول بە کاهینەکەی گوت: «دەست بکێشەوە.»

[20]ئینجا شاول و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵی بوون یەکیانگرت و چوون بۆ جەنگەکە. بینییان فەلەستییەکان لە پەشۆکاوییەکی زۆر گەورەدان و شمشێری هەریەکەیان لە دژی هاوڕێکەیەتی. [21]هەروەها عیبرانییەکانی ئەو دەوروبەرەش کە پێشتر لەگەڵ فەلەستییەکاندا بوون و لەگەڵیاندا بۆ ئۆردوگاکە سەرکەوتبوون، ئەوانیش چوونە پاڵ ئەو ئیسرائیلییانەی لەگەڵ شاول و یۆناتاندا بوون. [22]کاتێک پیاوانی ئیسرائیل، ئەوانەی لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایمدا خۆیان شاردبووەوە، بیستیانەوە کە فەلەستییەکان هەڵاتوونە، ئەوانیش لە نزیکەوە بەرەو جەنگەکە دوایان کەوتن. [23]جا یەزدان لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلی ڕزگار کرد و جەنگەکە گوازرایەوە بۆ بێت‌ئاڤن.

## یۆناتان هەنگوین دەخوات

[24]پیاوانی ئیسرائیل لەو ڕۆژە پەرێشان بوون، چونکە شاول گەلی سوێند دا و گوتی: «نەفرەت لەو پیاوە بێت، ئەوەی بەر لە ئێوارە نان بخوات و پێش ئەوەی تۆڵە لە دوژمنەکانم بکەمەوە.» بۆیە هەموو سوپاکە تامی نانیان نەکرد.

[25]ئینجا هەموو سوپاکە هاتنە دارستانێک و هەنگوین بەسەر ڕووی زەوییەکەوە بوو. [26]کاتێک سوپاکە هاتنە ناو دارستانەکەوە بینییان ئەوەتا هەنگوین دەتکێت، بەڵام کەس دەستی بۆ دەمی نەبرد، چونکە گەل لە سوێندەکە ترسان. [27]بەڵام یۆناتان نەیبیستبوو کە باوکی سوپای سوێندداوە، جا نووکی داردەستەکەی کە بە دەستیەوە بوو درێژیکرد و خستییە ناو شانە هەنگوینەکە و بۆ دەمی برد، چاوەکانی گەشانەوە. [28]ئینجا یەکێک لە سەربازەکان پێی گوت: «باوکت بە توندی سوپای سوێند دا و گوتی: ”نەفرەت لەو پیاوە بێت کە ئەمڕۆ نان دەخوات!“ لەبەر ئەوە جەنگاوەران لە پەلوپۆ کەوتبوون.»

[29]یۆناتانیش گوتی: «باوکم گیروگرفتی لە خاکەکەدا ناوەتەوە، تکایە تەماشا بکەن چاوەکانم چۆن گەشاونەتەوە، چونکە کەمێک لەم هەنگوینەم تام کرد. [30]ئەی ئەگەر ئەمڕۆ جەنگاوەرەکان لە دەستکەوتی دوژمنەکانیان بخواردایە کە دەستیان کەوتووە، ئایا ئەو گورزەی لە فەلەستییەکان وەشێنرا گەورەتر نەدەبوو؟»

[31]لەو ڕۆژەدا لە میخماسەوە هەتا ئەیالۆن گورزیان لە فەلەستییەکان وەشاند، جەنگاوەرەکان لە پەلوپۆ کەوتبوون. [32]پاشان سوپاکە هەڵیانکوتایە سەر دەستکەوتەکە[a] و مەڕ و مانگا و گوێرەکەیان برد و لەسەر زەوی سەریان بڕین و جەنگاوەرەکان بە خوێنەوە خواردیان. [33]بە شاولیان گوت: «وا سوپاکە گوناه لە دژی یەزدان دەکەن کە گۆشت بە خوێنەوە دەخۆن.»

ئەویش گوتی: «ناپاکیتان کرد، دەستبەجێ بەردێکی گەورە بۆ ئێرە گلۆر بکەنەوە.» [34]ئینجا گوتی: «بەناو سوپادا بڵاو ببنەوە و پێیان بڵێن: ”با هەریەکە گا و بەرانەکەی خۆی بۆم بهێنێتە پێش و لێرە سەری ببڕن، ئینجا بیخۆن و گوناە لە دژی یەزدان مەکەن کە گۆشتەکە بە خوێنەوە بخۆن.“»

ئیتر هەموو سوپا لەو شەوەدا هەریەکە و

[a] ٣٢ واتە دەستکەوتی جەنگ یان تاڵانی.

گایەکەی هێنایە پێش و لەوێدا سەری بڕی. ٣٥ ئینجا شاول قوربانگایەکی بۆ یەزدان بنیاد نا، ئەوە یەکەم قوربانگا بوو کە بۆ یەزدانی بنیاد نا.

٣٦ پاشان شاول گوتی: «با بە شەو بەدوای فەلەستییەکاندا بچینە خوارەوە و هەتا بەرەبەیان تاڵانیان بکەین و قڕیان بکەین.»

ئەوانیش گوتیان: «چی بە باش دەزانیت ئەوە بکە.»

بەڵام کاهینەکە گوتی: «با لێرە لە خودا بپرسین.»

٣٧ ئینجا شاول پرسیاری لە خودا کرد: «ئایا بەدوای فەلەستییەکاندا دابەزم؟ ئایا دەیاندەیتە دەست گەلی ئیسرائیل؟» بەڵام لەو ڕۆژەدا وەڵامی نەدایەوە.

٣٨ جا شاول گوتی: «ئەی هەموو ڕابەرانی سوپا، وەرنە پێشەوە بۆ ئێرە، بزانن و ببینن ئەمڕۆ ئەو گوناهە چۆن ڕوویداوە، ٣٩ چونکە بە یەزدانی زیندوو کە ڕزگارکەری ئیسرائیلە، تەنانەت ئەگەر لە یۆناتانی کوڕیشم بێ، دەبێت بمرێت.» بەڵام لە هەموو سوپاکە کەس وەڵامی نەدایەوە.

٤٠ ئینجا بە هەموو ئیسرائیلی گوت: «ئێوە لەلایەك بن و من و یۆناتانی کوڕیشم لەلایەك دەبین.»

جەنگاوەرەکانیش بە شاولیان گوت: «چی بە باش دەزانیت بیکە.»

٤١ شاول گوتی: «ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، بۆچی ئەمڕۆ وەڵامی خزمەتکارەکەت نادەیتەوە؟ ئەگەر هەڵەی من یان یۆناتانی کوڕمە، ئەوا ئوریمان پێبدە. بەڵام ئەگەر هەڵەی گەلی ئیسرائیلە ئەوا توممیمان پێبدە[a].» جا تیروپشکەکە کەوتە سەر یۆناتان و شاول، بەڵام سوپاکە بێتاوان دەرچوون. ٤٢ ئینجا شاول گوتی: «لەنێوان من و یۆناتانی کوڕم تیروپشك هەڵبدەن.» جا تیروپشکەکە کەوتە سەر یۆناتان.

٤٣ ئینجا شاول بە یۆناتانی گوت: «پێم بڵێ چیت کردووە.»

یۆناتانیش پێی ڕاگەیاند: «بە نووکی داردەستەکەم کە بەدەستمەوە بوو کەمێك هەنگوینم تامکرد. ئایا ئێستا دەبێت بمرم؟»

٤٤ شاولیش گوتی: «یۆناتان! ئەگەر تۆ نەمریت، با خودا توندترین سزام بدات.»

٤٥ بەڵام جەنگاوەران بە شاولیان گوت: «ئایا یۆناتان، ئەوەی ئەم ڕزگارییە گەورەیەی لە ئیسرائیلدا هێنایە دی دەبێ بمرێت؟ حاشا! بە یەزدانی زیندوو، نابێت تاڵە موویەکی سەری بکەوێتە سەر زەوی، چونکە ئەمڕۆ ئەو لەگەڵ خودا ئەمەی کردووە.» جا گەل یۆناتانیان دەرباز کرد و نەمرد.

٤٦ ئینجا شاول وازی لە ڕاونانی فەلەستییەکان هێنا و فەلەستییەکانیش بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە.

٤٧ دوای ئەوەی شاول جڵەوی پاشایەتی ئیسرائیلی گرتە دەست، لە دژی هەموو دوژمنەکانی دەوروبەری جەنگا، مۆئاب و عەمۆن و ئەدۆم و پاشاکانی چۆڤا و فەلەستییەکان. ڕووی لە هەرکوێ دەکرد، سەردەکەوت. ٤٨ هەروەها دلێرانە جەنگا و گورزی لە عەمالێقییەکان وەشاند و ئیسرائیلی لە دەستی تاڵانکەرانی دەرباز کرد.

## کەسوکاری شاول

٤٩ کوڕەکانی شاولیش، یۆناتان و یەشڤی و مەلکیشوەع بوون. ناوی دوو کچەکەشی، ناوی گەورەکەیان مێرەڤ و بچووکەکەشیان ناوی میخەل بوو. ٥٠ ژنەکەشی ناوی ئەحینۆعەمی کچی ئەحیمەعەچ بوو. فەرماندەی گشتی سوپاکەشی ناوی ئەبنێری کوڕی نێری مامی شاول بوو، ٥١ قیشی باوکی شاول و نێری باوکی ئەبنێریش کوڕی ئەبیێل بوون.

٥٢ بە درێژایی ماوەی حوکمڕانی شاول جەنگێکی سەخت لە دژی فەلەستییەکان هەبوو، جا شاول هەر پیاوێکی دلێر و ئازای دەبینی دەیهێنایە پاڵ خۆی.

[a] ٤١ تیروپشکەکە ئەو ئۆریم و توممیمە بوو کە بە بەرسینەی کاهینەوە بوو، لە شێوەی دوو بەردی ڕەنگ جیاواز بوون، یەکێکیان سپی و ئەوی دیکەیان ڕەش، لە ئێفۆدەکەوە وەریانگرتووە و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دیارکردنی خواستی خودا. بڕوانە دەرچوون ٢٨:٣٠.

## ڕەتکردنەوەی شاول لە پاشایەتی

١٥ ساموئێل بە شاولی گوت: «یەزدان منی نارد
بۆ ئەوەی تۆ وەك پاشایەك دەستنیشان
بکەم لەسەر ئیسرائیلی گەلەکەی. جا ئێستا گوێت لە
فەرمایشتی یەزدان بێت، [٢]یەزدانی سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت: ”سزای[a] عەمالێقییەکان دەدەم لەسەر
ئەوەی بە ئیسرائیلیان کرد، کاتێك لەسەر ڕێگا لە
دژیان وەستان کە لە میسر هاتنە دەرەوە. [٣]ئێستاش
بڕۆ گورز لە عەمالێقییەکان بوەشێنە، هەموو ئەوەی
هەیانە بە تەواوی قڕیان بکە[b]، دەستیان لێ مەپارێزە
و بیانکوژە، پیاو و ژن و منداڵ و شیرەخۆرە، گا و
مەڕ و وشتر و گوێدرێژ.“»

[٤]جا شاول سوپاکەی بانگکرد و لە تەلائیم کۆی
کردنەوە، دوو سەد هەزار پیادە[c] و دە هەزار پیاوی
یەهودا. [٥]ئینجا شاول چوو بۆ شاری عەمالێق و لە
شیوەکەدا خۆی مات کرد، [٦]بە قێنییەکانی گوت:
«بڕۆن و دوورەپەرێز بن و لەنێو عەمالێقییەکان
بچنە دەرەوە، نەوەك ئێوەش لەگەڵ ئەواندا لەناو
ببەم، چونکە ئێوە چاکەتان لەگەڵ هەموو نەوەی
ئیسرائیلدا کردووە، کاتێك لە میسرەوە سەرکەوتن.»
جا قێنییەکان خۆیان لە عەمالێقییەکان دوورەپەرێز
گرت.

[٧]ئینجا شاول لە عەمالێقییەکانی دا، لە حەڤیلایەوە
هەتا شوور کە لە ڕۆژهەڵاتی میسرە. [٨]هەروەها
ئەگاگی پاشای عەمالێقییەکانی بە زیندوویی گرت
و هەموو گەلەکەی بە شمشێر بە تەواوی قڕکرد.
[٩]بەڵام شاول و سوپاکە دەستیان لە ئەگاگ پاراست،
هەروەها باشترینی مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ و
دابەستە و هەموو ئەوەی باش بوو نەیانویست بە
تەواوی قڕیان بکەن، بەڵام هەموو ئەو ماڵەی بێ
نرخ و لاواز بوو بە تەواوی قڕیان کرد.

[١٠]ئینجا فەرمایشتی یەزدان هات بۆ ساموئێل
و فەرمووی: [١١]«خەفەتبارم لەوەی کە شاولم کردە
پاشا، چونکە لێم هەڵگەڕاوەتەوە و فەرمانەکانی
منی بەجێنەگەیاند.» جا ساموئێل دڵتەنگ بوو، بە
درێژایی ئەو شەوە هاواری بۆ یەزدان کرد.

[١٢]بەیانی زوو ساموئێل بۆ بینینی شاول هەستا،
جا بە ساموئێل ڕاگەیەنرا: «شاول چوو بۆ کەرمەل[d]
و ئەوەتا تاوەرێکی یادەوەری بۆ خۆی داناوە،
سووڕاوەتەوە و پەڕیوەتەوە و دابەزیوە بۆ گلگال.»

[١٣]جا ساموئێل هات بۆ لای شاول، شاول پێی گوت:
«با بەرەکەتی یەزدانت لەسەر بێت، من فەرمانی
یەزدانم بەجێگەیاند.»

[١٤]بەڵام ساموئێل گوتی: «ئەی باعەباعی ئەو
مەڕانە چییە لە گوێمدا دێت، ئەی بۆڕەبۆڕی ئەو
مانگایانە چییە دەیبیستم؟»

[١٥]شاولیش وەڵامی دایەوە: «لەلای
عەمالێقییەکانەوە هێناویانە، ئەوانەیە کە گەل لە
باشەکان دەستیان لێ پاراست، لە مەڕ و مانگا، بۆ
ئەوەی بۆ یەزدانی پەروەردگارت سەری ببڕن، ئەوانی
دیکەشمان بە تەواوی قڕکرد.»

[١٦]ئینجا ساموئێل بە شاولی گوت: «بێدەنگ بە! با
ئەوەت پێ ڕابگەیەنم کە یەزدان دوێنێ شەو چی پێ
فەرمووم.»

ئەویش گوتی: «پێم بڵێ.»

[١٧]ساموئێل گوتی: «هەرچەندە لەبەرچاوی خۆت
بچووکیت، ئایا نەبوویت بە سەرۆکی هۆزەکانی
ئیسرائیل؟ ئایا یەزدان دەستنیشانی نەکردیت ببیتە
پاشای ئیسرائیل؟ [١٨]یەزدان بە ئەرکێك ڕەوانەی
کردیت و فەرمووی: ”بڕۆ عەمالێقییە گوناهبارەکان
بە تەواوی قڕ بکە و لە دژیان بجەنگە هەتا
لەناودەچن.“ [١٩]ئیتر بۆچی گوێڕایەڵی یەزدان

---

[a] ٢ مەبەست لە هێرشی عەمالێقییەکانە بۆ سەر گەلی ئیسرائیل کاتێك لە میسر دەرچوون. بڕوانە دەرچوون ١٤:١٧ و دواوتار ١٩:٢٤.

[b] ٣ قڕی بکەن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[c] ٤ ئەو دوو سەد هەزارە لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل بوون، جگە لە هۆزی یەهودا.

[d] ١٢ کەرمەل: واتە کەرمەل لە باشوور، نەك کێوی کارمەل کە لە باکوورە.

نەبوویت و پەلاماری دەستکەوتەکەت دا و لەبەرچاوی یەزداندا ئەم خراپەیەت کرد؟»

[٢٠]شاولیش بە ساموئێلی گوت: «من گوێڕایەڵی یەزدان بووم و ئەو ئەرکەم بەجێهێنا کە پێی سپاردم، ئەگاگی پاشای عەمالێقم هێنا و عەمالێقییەکانم بە تەواوی قڕکرد. [٢١]جەنگاوەران لە دەستکەوتەکە مەڕ و مانگایان برد، باشترینی تەرخانکراوەکان بۆ خودا[a]، تاکو لە گلگال بۆ یەزدانی پەروەردگارت سەری ببڕن.»

[٢٢]بەڵام ساموئێل گوتی:

«ئایا یەزدان دڵخۆشە بە قوربانی سووتاندن و
سەربڕدراوەکان
یان بە گوێڕایەڵبوون بۆ فەرمایشتی یەزدان؟
گوێڕایەڵی لە سەربڕین باشترە،
سەرنجدانیش لە چەوری بەرانەکان.
[٢٣]چونکە یاخیبوون وەک گوناهی فاڵگرتنەوەیە[b]،
کەللەڕەقی تاوان و بتپەرستییە.
لەبەر ئەوەی فەرمایشتی یەزدانت ڕەتکردەوە،
ئەویش لە پاشایەتی ڕەتی کردوویتەوە.»

[٢٤]ئینجا شاول بە ساموئێلی گوت: «گوناهم کرد. سەرپێچی فەرمانی یەزدان و قسەی تۆم کرد، چونکە لە گەل ترسام و بە قسەی ئەوانم کرد. [٢٥]ئێستاش تکایە لە گوناهم خۆشبە و لەگەڵمدا بگەڕێوە، بۆ ئەوەی کڕنۆش بۆ یەزدان ببەم.»

[٢٦]بەڵام ساموئێل بە شاولی گوت: «لەگەڵتدا ناگەڕێمەوە، چونکە فەرمایشتی یەزدانت ڕەتکردەوە، یەزدانیش وەک پاشای ئیسرائیل ڕەتی کردوویتەوە.»

[٢٧]کاتێک ساموئێل ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی بڕوات، شاول دامێنی کەواکەی گرت و دڕا. [٢٨]ساموئێلیش پێی گوت: «یەزدان ئەمڕۆ پاشایەتی ئیسرائیلی لێت دابڕی و دای بە نزیکەکەت کە لە تۆ باشترە. [٢٩]هەروەها شکۆی[c] ئیسرائیل درۆ ناکات و بڕیاری ناگۆڕێت، چونکە ئەو مرۆڤ نییە تاکو بڕیاری بگۆڕێت.»

[٣٠]شاولیش گوتی: «ئێستا گوناهم کردووە، تکایە لەبەردەم پیرانی گەلەکەم و لەبەردەم ئیسرائیلدا ڕێزم لێبنێ، لەگەڵمدا بگەڕێوە تاکو کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت ببەم.» [٣١]ئینجا ساموئێل بەدوای شاولدا گەڕایەوە، شاول کڕنۆشی بۆ یەزدان برد.

[٣٢]پاشان ساموئێل گوتی: «ئەگاگی پاشای عەمالێقم بۆ بهێننە ئێرە.»

ئەگاگیش بە متمانەوە چوو بۆ لای و گوتی: «بێگومان تاڵی مەرگ ڕەوییەوە.»

[٣٣]بەڵام ساموئێل گوتی:

«وەک چۆن شمشێرەکەت ژنانی وەجاخکوێر کرد،
ئاواش دایکت وەجاخکوێر دەبێت.»

ئینجا ساموئێل لە گلگال لەبەردەم یەزدان ئەگاگی پارچەپارچە کرد.

[٣٤]پاشان ساموئێل چوو بۆ ڕامە و شاولیش سەرکەوت بۆ ماڵەکەی لە گیڤعای شاولدا. [٣٥]ئیتر ساموئێل هەتا ڕۆژی مردنی نەگەڕایەوە بۆ بینینی شاول، هەرچەندە شیوەنیشی بۆ دەگێڕا. یەزدانیش خەفەتبار بوو کە شاولی کردە پاشای ئیسرائیل.

## دەستنیشانکردنی داود لەلایەن ساموئێل

١٦ جا یەزدان بە ساموئێلی فەرموو: «هەتا کەی شیوەن بۆ شاول دەگێڕیت؟ چونکە من ڕەتم کردووەتەوە پاشای ئیسرائیل بێت، قۆچەکەت پڕ بکە لە زەیت و بڕۆ، دەتنێرم بۆ لای یەسای بێتلەحمی، لەنێو کوڕەکانیدا پاشایەکم بۆ خۆم هەڵبژاردووە.»

[٢]ساموئێلیش گوتی: «چۆن بڕۆم؟ ئەگەر شاول ئەمە ببیستێتەوە دەمکوژێت.»

یەزدانیش فەرمووی: «گوێرەکەیەکی مێینەی

[a] ٢١ بڕوانە ٣:١٥.

[b] ٢٣ فاڵگرتنەوە: بڕوانە بۆ نموونە حزقیێل ٢١:٢١.

[c] ٢٩ ٢٩ مەبەست لە خودایە.

سێ ساڵە[a] لەگەڵ دەستت دەبەیت و دەڵێیت: ”بۆ
قوربانی سەربڕین بۆ یەزدان هاتووم.“ ٣ جا یەسا
بۆ قوربانییە سەربڕدراوەکە بانگهێشت دەکەیت
و من فێرت دەکەم چی بکەیت و ئەو کەسەم بۆ
دەستنیشان[b] دەکەیت کە پێت دەفەرمووم.»
٤ ساموئێل ئەوەی کرد کە یەزدان پێی فەرموو،
هات بۆ بێت‌لەحم و پیرانی شارۆچکەکە بە ترسەوە
پێشوازییان کرد و گوتیان: «بە ئاشتی هاتوویت؟»
٥ ساموئێلیش وەڵامی دایەوە: «بە ئاشتییە، هاتووم
بۆ سەربڕینی قوربانی بۆ یەزدان، خۆتان تەرخان
بکەن و لەگەڵمدا وەرن بۆ قوربانییەکە.» ئینجا یەسا
و کوڕەکانی تەرخان کرد و بۆ قوربانییەکە بانگهێشتی
کردن.
٦ کاتێک هاتن، ساموئێل تەماشای ئەلیابی کرد و
لەبەرخۆیەوە گوتی: «بە دڵنیاییەوە ئەوەیە یەزدان
دەستنیشانی کردووە، لەبەردەمیەتی.»
٧ بەڵام یەزدان بە ساموئێلی فەرموو: «تەماشای
سەروسیما و بەرزی باڵای مەکە، چونکە ڕەتم
کردووەتەوە. یەزدان وەک مرۆڤ تەماشا ناکات،
چونکە مرۆڤ تەماشای ڕوخساری دەرەوە دەکات،
بەڵام یەزدان تەماشای دڵ دەکات.»
٨ دوای ئەوەی یەسا ئەبینادابی بانگکرد و بە
بەردەم ساموئێلدا تێپەڕی کرد، ساموئێلیش گوتی:
«یەزدان ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.» ٩ ئینجا یەسا
شەممای تێپەڕاند و ساموئێلیش گوتی: «یەزدان
ئەمەشی هەڵنەبژاردووە.» ١٠ یەسا هەر حەوت
کوڕەکەی لەبەردەم ساموئێلدا تێپەڕاند. ساموئێلیش
بە یەسای گوت: «یەزدان لەمانەی هەڵنەبژاردووە.»
١١ لە یەسای پرسی: «ئایا هەموو کوڕەکانت لێرەن؟»
ئەویش گوتی: «بچووکترینیان هێشتا ماوە و مەڕ
دەلەوەڕێنێت.»
ساموئێلیش گوتی: «بنێرە بەدوایدا و بیهێنە،
چونکە دانانیشین هەتا ئەو دێتە ئێرە.»
١٢ ئەویش بەدوایدا ناردی و هێنای، سوورەیەکی
چاوجوانی قۆز بوو.
ئینجا یەزدان فەرمووی: «هەستە و دەستنیشانی
بکە، چونکە ئەمە خۆیەتی.»
١٣ ساموئێل قۆچە زەیتەکەی برد و لەنێو براکانیدا
دەستنیشانی کرد و لەو ڕۆژە بەدواوە ڕۆحی یەزدان
بە تواناوە هاتە سەر داود. پاشان ساموئێل هەستا و
چوو بۆ ڕامە.

## داود لە خزمەتی شاولدا

١٤ ڕۆحی یەزدانیش لە شاول جیا بووەوە و بە
فەرمانی یەزدان ڕۆحێکی بەد هەراسانی کرد.
١٥ جا خزمەتکارەکانی شاول پێیان گوت:
«ئەوەتا ئێستا ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوە
هەراسانت دەکات. ١٦ با ئێستا گەورەمان فەرمان بە
خزمەتکارەکانی بەردەمی بکات بەدوای پیاوێکدا
بگەڕێن کە شارەزایی لە قیسارە ژەنین هەبێت، جا
هەر کاتێک ئەو ڕۆحە بەدەی لەلایەن خوداوەیە بێتە
سەرت، قیسارە بژەنێت تۆ باش دەبیت.»
١٧ شاولیش بە خزمەتکارەکانی گوت: «ئێستا
پیاوێکم بۆ ببیننەوە قیسارە بە چاکی بژەنێت و بۆ
منی بهێنن.»
١٨ جا یەکێک لە خزمەتکارەکان وەڵامی دایەوە
و گوتی: «کوڕێکی یەسای بێت‌لەحمیم بینیوە،
دەزانێت قیسارە بژەنێت. هەروەها قارەمانێکی
بەهێزە و جەنگاوەرە، زمان ڕەوانە و پیاوێکی قۆزە،
یەزدانیشی لەگەڵدایە.»
١٩ شاولیش نێردراوی بۆ لای یەسا نارد و گوتی:
«داودی کوڕتم بۆ بنێرە، ئەوەی مەڕ دەلەوەڕێنێت.»
٢٠ یەساش گوێدرێژێکی هێنا، نان و مەشکەیەک
شەراب و کارەبزنێکی لێ بارکرد، بە دەستی داودی
کوڕیدا بۆ شاولی نارد.

[a] ٢ مەبەست لە گوێرەکەیەکی مێینەی سێ ساڵەیە، پێش تەمەنی کەڵگرتن.

[b] ٣ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح، کە بە واتای چەورکردن بە زەیت دێت وەک دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەک و پێ سپاردنی لەلایەن خوداوە.

٢١ ئیتر داود هاتە لای شاول و دەستی بە خزمەتکردنی کرد. شاولیش داودی زۆر خۆشویست و کردییە یەکێك لە هەڵگری تفاقەکانی. ٢٢ شاول بۆ یەسای نارد و گوتی: «تکایە با داود لە خزمەتی مندا بمێنێتەوە، چونکە لەلام پەسەندە.»

٢٣ هەر کاتێك ڕۆحەکە لەلایەن خوداوە بۆ سەر شاول دەهات، داود قیسارەکەی بەدەستەوە دەگرت و دەیژەند، شاولیش دڵی دەکرایەوە و باش دەبوو، ڕۆحە بەدەکە وازی لێ دەهێنا.

## داود و گۆلیات

١٧ ئەوە بوو فەلەستییەکان هێزەکانیان بۆ جەنگ کۆکردەوە و لە سۆکۆی یەهودا کۆبوونەوە، لەنێوان سۆکۆ و عەزێقا لە ئەفەس دەمیم خێوەتگایان هەڵدا. ٢ شاول و پیاوانی ئیسرائیلیش لە دۆڵی ئێلە کۆبوونەوە و خێوەتگایان بۆ جەنگ هەڵدا، بەرەیان بەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەلەستییەکان. ٣ جا فەلەستی و ئیسرائیلییەکان لەسەر دوو گردی بەرامبەر یەکتر ڕاوەستابوون، دۆڵێکیشیان لەنێوان بوو.

٤ پاڵەوانێکی خەڵکی گەت کە ناوی گۆلیات بوو لەناو خێوەتگای فەلەستییەکان هاتە دەرەوە، درێژییەکەی شەش باڵ و بستێك[a] بوو. ٥ کڵاوێکی بڕۆنز لەسەری و زرێیەکی[b] پولەکەداریشی لەبەردا بوو، کێشی زرێیەکە پێنج هەزار شاقل[c] بڕۆنز بوو. ٦ هەروەها پارچەیەك بڕۆنز لولاقی پۆشیبوو، تیرێکی بڕۆنزیش لەنێو شانەکانی بوو، ٧ دەسکی ڕمەکەی وەك نۆردی جۆلاکان وابوو، نووکەکەشی شەش سەد شاقل[d] ئاسن بوو، هەڵگری قەڵغانەکەی لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت.

٨ جا گۆلیات وەستا و بانگی ڕیزەکانی ئیسرائیلی کرد و پێی گوتن: «بۆچی هاتوونەتە دەرەوە تاکو بۆ جەنگ ڕیزببەستن؟ ئایا من فەلەستی و ئێوەش خزمەتکارانی شاول نین؟ جا پیاوێك بۆ خۆتان هەڵبژێرن با بۆم بێتە خوارەوە. ٩ ئەگەر توانی لەگەڵمدا بجەنگێت و بمکوژێت، ئەوا دەبینە خزمەتکارتان، بەڵام ئەگەر من بەسەریدا زاڵ بووم و کوشتم، ئەوا ئێوە دەبنە خزمەتکارمان و خزمەتمان دەکەن.» ١٠ ئینجا فەلەستییەکە گوتی: «من ئەمڕۆ تەحەدای ڕیزەکانی ئیسرائیل دەکەم، پیاوێکم بدەنێ بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ یەکتری بجەنگین.» ١١ کاتێك شاول و هەموو ئیسرائیل گوێیان لە قسەکانی فەلەستییەکە بوو، سڵەمینەوە و زۆر ترسان.

١٢ داودی کوڕی یەسای ئەفراتی، لە بێت‌لەحمی یەهودا بوو. یەسا هەشت کوڕی هەبوو، لە ماوەی پاشایەتی شاولدا لە تەمەنی پیریدا بوو. ١٣ هەر سێ کوڕە گەورەکەی یەسا بۆ جەنگ دوای شاول کەوتبوون، ناوی سێ کوڕەکەی کە بۆ جەنگ چووبوون، ئەلیاب نۆبەرەکە و دووەمیان ئەبیناداب و سێیەمیان شەمما بوو. ١٤ داودیش بچووکترینیان بوو، سێ کوڕە گەورەکەش دوای شاول کەوتبوون. ١٥ جا داود هاتوچۆی دەکرد، ناوبەناو لەلای شاول دەگەڕایەوە بۆ لەوەڕاندنی مەڕەکانی باوکی لە بێت‌لەحم.

١٦ بۆ ماوەی چل ڕۆژ، بەیانییان و ئێواران، فەلەستییەکە دەهاتە پێش و دەوەستا.

١٧ ئەوە بوو یەسا بە داودی کوڕی گوت: «ئێستا ئێفەیەك[e] لەم دانەوێڵە برژاوە و ئەم دە نانە بۆ براکانت ببە و ڕابکە بۆ خێوەتگاکەیان، ١٨ ئەم دە پارچە پەنیرەش بە فەرماندەی یەکەکە بدە و سەلامەتی براکانت بەسەربکەوە و نیشانەیەکیان لێ وەربگرە. ١٩ شاول و ئەوان و هەموو پیاوانی ئیسرائیل لە دۆڵی ئێلە لە دژی فەلەستییەکان دەجەنگان.»

٢٠ بەیانی زوو داود لە خەو هەستا و مەڕەکانی لەلای پاسەوانێك بەجێهێشت، بارگەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، هەروەك یەسای باوکی فەرمانی پێ کردبوو. لە هەمان ئەو کاتەدا گەیشتە خێوەتگاکە

[a] ٤ شەش باڵ و بستێك: نزیکەی سێ مەتر.
[b] ٥ زرێ: بەرگێکی کانزاییە کە لە کاتی شەڕ دەپۆشرێت.
[c] ٥ پێنج هەزار شاقل: نزیکەی ٥٧ کیلۆگرام.
[d] ٧ شەش سەد شاقل: نزیکەی٧ کیلۆگرام.
[e] ١٧ نزیکەی ٢٢ لیتر.

کە سوپا بۆ بەرەکانی جەنگ دەچوون و نەعرەتەی جەنگیان دەکێشا. [21]جا ئیسرائیل و فەلەستییەکان ڕیزیان دەبەست، ڕیز بەرامبەر ڕیز. [22]داودیش شتومەکەکەی کە پێی بوو بە پاسەوانی شتومەکەکان سپارد، بۆ بەرەی جەنگ ڕایکرد، هات و لە سەلامەتی براکانی پرسی. [23]کاتێك قسەی لەگەڵ دەکردن، پاڵەوانەکەی خەڵکی گەت، گۆلیاتی فەلەستی لە بەرەی فەلەستییەکانەوە هاتە پێشەوە، بە هەمان شێوازی پێشوو هاواری کرد، داودیش گوێی لێبوو. [24]هەموو پیاوانی ئیسرائیلیش کە پیاوەکەیان بینی زۆر ترسان و لێی هەڵاتن.

[25]پیاوانی ئیسرائیل قسەیان دەکرد و دەیانگوت: «ئەو پیاوەتان بینی کە هاتە پێشەوە؟ بۆ تەحەداکردنی ئیسرائیل بوو. ئەو پیاوەی بیکوژێت پاشا زۆر دەوڵەمەندی دەکات و کچەکەی خۆی دەداتێ،ماڵی باوکیشی لە ئیسرائیل لە باج دەبەخشرێت.»

[26]داودیش بەو پیاوانەی گوت کە لەگەڵی ڕاوەستابوون: «چی دەکرێت بۆ ئەو پیاوەی ئەو فەلەستییە بکوژێت، ئەو شەرمەزارییە لەسەر ئیسرائیل لاببات؟ ئەو فەلەستییە خەتەنە نەکراوە کێیە هەتا تەحەدای سوپای خودای زیندوو بکات؟» [27]ئەوانیش قسەکەیان بۆ دووبارە کردەوە کە دەیانگوت، پێیان گوت: «ئاوا دەکرێت بۆ ئەو پیاوەی کە ئەمە بکوژێت.»

[28]کاتێك ئەلیابی برا گەورەی گوێی لێبوو کە داود لەگەڵ پیاوەکان قسە دەکات، ئەلیاب زۆر لێی تووڕە بوو و گوتی: «بۆ دابەزیت؟ ئەو کەمە مەڕەت لە چۆڵەوانیدا بەسەر کێدا بەجێهێشت؟ من دەزانم چەند لەخۆباییت و دڵت چەند خراپە، چونکە تۆ تەنها بۆ تەماشاکردنی جەنگەکە دابەزیویت.»

[29]داودیش گوتی: «ئێستا من چیم کردووە؟ هەر قسەکردن نییە؟» [30]ئینجا لەلای ئەو چوو بۆ لای یەکێکی دیکە و هەمان قسەی کردەوە و جەنگاوەرەکانیش هەمان وەڵامیان دایەوە. [31]ئەو قسانەی داود گوتی بیسترانەوە و بە شاول ڕاگەیەنرا و ئەویش ناردی بە شوێنیدا.

[32]داود بە شاولی گوت: «کەس بەهۆی ئەوەوە دڵی خورپە نەکات. خزمەتکارەکەت دەچێت و لەگەڵ ئەو فەلەستییە دەجەنگێت.»

[33]شاولیش بە داودی گوت: «ناتوانیت بچیت بۆ ئەو فەلەستییە و لەگەڵیدا بجەنگیت، چونکە تۆ منداڵیت و ئەویش لە منداڵییەوە جەنگاوەرە.»

[34]داودیش بە شاولی گوت: «خزمەتکارەکەت شوانی مەڕەکانی باوکی بووە. هەر کاتێك شێرێك یان ورچێك دەهات و مەڕێکیان لە مێگەلەکە دەبرد، [35]من بەدوایدا دەچووم و دەمکوشت و لە دەمی دەربازم دەکرد، کاتێك بۆم هەڵدەستا ملیم دەگرت و لێم دەدا و دەمکوشت. [36]خزمەتکارەکەت شێر و ورچی دەکوشت و ئەو فەلەستییە خەتەنە نەکراوەش وەك یەکێك دەبێت لەوان، چونکە تەحەدای ڕیزەکانی سوپای خودای زیندووی کردووە. [37]یەزدان کە منی لە چنگی شێر و ورچ دەرباز کردووە، هەر ئەو لە چنگ ئەم فەلەستییە دەربازم دەکات.»

شاولیش بە داودی گوت: «بڕۆ، با یەزدان لەگەڵتدا بێت.»

[38]ئینجا شاول کراسەکەی خۆی لەبەر داود کرد و کڵاوێکی برۆنزی لەسەر سەری دانا و زرێیەکی لەبەرکرد. [39]داودیش شمشێرەکەی لەسەر کراسەکەی بەست و ویستی پێیانەوە بڕوات، چونکە تاقی نەکردبووەوە.

ئینجا داود بە شاولی گوت: «ناتوانم پێیانەوە بڕۆم، چونکە تاقیم نەکردوونەتەوە.» جا داود لە خۆی کردنەوە و [40]گۆچانەکەی بەدەستەوە گرت، پێنج بەردی لووسی لە دۆڵەکەدا هەڵبژارد و خستییە ناو توورەکەی شوانییەکەی لەناو هەگبەکەی، قۆچەقانییەکەی بەدەستەوە گرت و لە فەلەستییەکە چووە پێش.

[41]لەو کاتەدا فەلەستییەکە هات و لە داود نزیك بووەوە، هەڵگری قەڵغانەکەشی لەپێشیەوە دەڕۆیشت. [42]کاتێك فەلەستییەکە تەماشای کرد

و داودی بینی، بە سووکی سەیری کرد، چونکە منداڵێکی سوورە و قۆز بوو. ٤٣فەلەستییەکە بە داودی گوت: «من سەگم هەتا تۆ بە گۆچانەوە بۆم بێیت؟» ئینجا بە خوداوەندەکانی خۆی نەفرەتی لە داود کرد و ٤٤پێی گوت: «بۆم وەرە هەتا گۆشتی تۆ بدەمە باڵندەکانی ئاسمان و دڕندەکانی دەشتودەر!»

٤٥داودیش بە فەلەستییەکەی گوت: «تۆ بە شمشێر و ڕم و تیر بۆم دێیت، بەڵام منیش بە ناوی یەزدانی سوپاسالارەوە بۆت دێم، خودای سوپای ئیسرائیل، ئەوەی تەحەدات کرد. ٤٦ئەمڕۆ یەزدان لە دەستمدا بەندت دەکات و دەتکوژم و سەرت لێ دەکەمەوە، ئەمڕۆ لاشەکانی سوپای فەلەستییەکان بە باڵندەکانی ئاسمان و ئاژەڵەکانی زەوی دەدەم، جا هەموو زەوی دەزانێت کە ئیسرائیل خودای هەیە. ٤٧هەموو ئەم کۆمەڵەش دەزانن کە ڕزگاریی یەزدان بە شمشێر و ڕم نییە، چونکە ئەم جەنگە هی یەزدانە و ئێوەمان دەداتە دەست.»

٤٨جا کاتێک فەلەستییەکە نزیک بووەوە بۆ هێرشکردنە سەر داود، داود بە پەلە ڕووەو ڕیزی جەنگەکە ڕایکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلەستییەکە. ٤٩داود دەستی بۆ توورەکەکەی درێژکرد و بەردێکی لێ دەرهێنا و بە قۆچەقانییەکەی تێی گرت و لە ناوچەوانی فەلەستییەکەی دا، بەردەکە لە ناوچەوانی چەقی و بە ڕوودا کەوتە سەر زەوی.

٥٠بەم جۆرە داود بە قۆچەقانی و بە بەرد بەسەر فەلەستییەکەدا سەرکەوت، کاتێک لە فەلەستییەکەی دا و کوشتی، داود هیچ شمشێری بەدەستەوە نەبوو.

٥١ئینجا داود ڕایکرد و چووە سەر فەلەستییەکە، شمشێرەکەی هەڵگرت و لە کێلانەکەیەوە[a] ڕایکێشا، کوشتی و بە شمشێرەکەی سەری لێکردەوە.

کاتێک فەلەستییەکان بینییان وا پاڵەوانەکەیان مردووە، هەڵاتن. ٥٢دوای ئەوە پیاوانی ئیسرائیل و یەهودا هەستان و هاواریان کرد و دوای فەلەستییەکان کەوتن هەتا گەت و دەروازەکانی عەقرۆن. جا کوژراوەکانی فەلەستییەکان لە ڕێگای شەعەرایم هەتا گەت و عەقرۆن کەوتن. ٥٣کاتێک نەوەی ئیسرائیل لە ڕاونانی فەلەستییەکان گەڕانەوە، خێوەتگاکەیان تاڵان کردن، ٥٤داودیش سەری فەلەستییەکەی هەڵگرت و بردی بۆ ئۆرشەلیم، چەکەکانی فەلەستییەکەشی لەناو چادرەکەی خۆی دانا.

٥٥کاتێک شاول داودی بینی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلەستییەکە چووە، لە ئەبنێری فەرماندەی گشتی سوپاکەی پرسی: «ئەبنێر، ئەو گەنجە کوڕی کێیە؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «بە گیانی پاشا نازانم.»

٥٦پاشاش گوتی: «بپرسە، بزانە ئەم گەنجە کوڕی کێیە؟»

٥٧کاتێک داود لە کوشتنی فەلەستییەکە گەڕایەوە، ئەبنێر بردی بۆ بەردەم شاول و سەری فەلەستییەکەشی بەدەستەوە بوو.

٥٨شاولیش پێی گوت: «ئەی گەنج تۆ کوڕی کێیت؟»

داودیش گوتی: «کوڕی یەسای بێتلەحمیم، خزمەتکاری تۆ.»

## پەیمانی داود و یۆناتان

١٨ ئەوە بوو کە داود لەگەڵ شاولدا لە قسەکردن بووەوە، ڕۆحی یۆناتان و ڕۆحی داود پەیمانێکیان بەست، یۆناتان داودی وەک خۆی خۆشویست. ٢شاولیش لەو ڕۆژەوە داودی بردە لای خۆی و نەیهێشت بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە. ٣یۆناتان لەگەڵ داود پەیمانی بەست، چونکە وەک خۆی خۆشی ویست. ٤ئینجا یۆناتان کەواکەی کە لەبەری بوو دایکەند و دای بە داود، لەگەڵ کراسەکەی کە پۆشیبووی، تەنانەت شمشێر و کەوان و کەمەربەندەکەشی.

٥داود لە هەر ئەرکێک سەرکەوتوو دەبوو کە شاول بۆی دەنارد، لەبەر ئەوە شاول داودی بەسەر جەنگاوەرەکان دانا، ئەمەش لەلای هەموو سەرباز و ئەفسەرەکانی شاول پەسەند بوو.

[a] ٥١ کالانەکەیەوە.

[٦]لە کاتی گەڕانەوەی جەنگاوەران بۆ ماڵەوە، پاش ئەوەی داود فەلەستییەکەی کوشت، ئافرەتان لە هەموو شارۆچکەکانی ئیسرائیلەوە بە گۆرانی و سەماوە بۆ پێشوازی شاولی پاشا هاتنە دەرەوە، بە گۆرانی شادی و دەف و عوودەوە. [٧]ژنە سەماکەرەکان بەدەم گۆرانییەوە دەیانگوت:

«شاول هەزارانی کوشت و
داودیش دەیان هەزار.»[a]

[٨]ئەم قسەیە شاولی پەست کرد و زۆر تووڕە بوو، گوتی: «دەیان هەزارەکانیان دایە داود و بە منیش هەزارەکان، هەر ئەوە ماوە پاشایەتییەکە بۆ ئەو بێت.» [٩]ئیتر لەو ڕۆژەوە شاول چاوی لەسەر داود بوو.

[١٠]بۆ ڕۆژی دوای ئەوە ڕۆحێکی بەد لەلایەن خوداوە بە تواناوە هاتە سەر شاول، لەناوەڕاستی ماڵەکەدا وڕێنەی دەکرد، داودیش وەك هەموو ڕۆژێك قیسارەکەی لێدەدا و شاولیش ڕمێکی بەدەستەوە بوو. [١١]شاول ڕمەکەی تێگرت و گوتی: «لە داود دەدەم و بە دیوارەکەوە هەڵیدەواسم.» بەڵام داود دوو جار خۆی لە ڕمەکە لادا.

[١٢]لەبەر ئەوەی یەزدان لەگەڵ داود بوو و وازی لە شاول هێنابوو، شاول لێی دەترسا. [١٣]ئیتر شاول داودی لە خۆی دوورخستەوە و کردی بە سەرکردەی هەزار، ڕابەرایەتی سوپاکەی کرد. [١٤]داود لە هەموو ئەرکەکانی سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی یەزدانی لەگەڵدا بوو. [١٥]جا کە شاول بینی زۆر سەرکەوتووە، لێی ترسا. [١٦]بەڵام هەموو ئیسرائیل و یەهودا داودیان خۆشویست، چونکە لە شەڕ پێشڕەوی دەکردن.

[١٧]ئەوە بوو شاول بە داودی گوت: «من وا مێرەڤی کچە گەورەکەی خۆمت دەدەمێ ببێتە ژنت، تەنها ئەوەندەی کە ئازا بیت بۆم و لە جەنگەکانی یەزدان شەڕ بکەیت.» جا شاول لەبەر خۆیەوە گوتی: «با دەستی منی بەسەرەوە نەبێت، بەڵکو دەستی فەلەستییەکانی بەسەرەوە بێت.»

[١٨]داودیش بە شاولی گوت: «من کێم و ژیانی من و خێڵەکەی باوکم لە ئیسرائیلدا چییە هەتا ببمە زاوای پاشا؟» [١٩]ئەوە بوو لەو کاتەی کە دەبووایە مێرەڤی کچی شاول بدرێتە داود، کەچی درایە عەدرئێلی مەحۆلاتی و بووە ژنی ئەو.

[٢٠]بەڵام میخەلی کچی شاول داودی خۆشویست، جا بە شاولیان ڕاگەیاند، ئەویش ئەم کارەی بەلاوە باش بوو. [٢١]شاول لە دڵی خۆیدا گوتی: «پێی دەدەم، جا بۆی دەبێت بە تەڵە، دەستی فەلەستییەکانی بەسەرەوە دەبێت.» ئینجا شاول بە داودی گوت: «دەرفەتێکی دیکەت دەدەمێ، ئەمڕۆ دەبیت بە زاوای من؟»

[٢٢]شاول فەرمانی بە خزمەتکارەکانی کرد: «بەدزییەوە قسە لەگەڵ داود بکەن و پێی بڵێن: "ئەوەتا پاشا پێت دڵخۆشە و هەموو خزمەتکارەکانیشی تۆیان خۆشدەوێ، جا ئێستا ببە بە زاوای پاشا."»

[٢٣]خزمەتکارەکانی شاول ئەو قسانەیان بە داود گوت و داودیش پێی گوتن: «ئایا زاوایەتیکردنی پاشا بە کەم دەزانن، لە کاتێکدا من پیاوێکی هەژار و گەدام؟»

[٢٤]ئینجا خزمەتکارەکانی شاول قسەکانی داودیان گەیاند. [٢٥]شاولیش گوتی: «ئاوا بە داود بڵێن: "خۆشی پاشا لە شیربایی نییە، بەڵکو بە سەد پێستی سەری ئەندامی نێرینەی فەلەستییەکانە، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانی پاشا."» شاول بیری لەوە دەکردەوە کە داود بە دەستی فەلەستییەکان بکوژرێت.

[٢٦]خزمەتکارەکانی ئەو قسانەیان بە داود ڕاگەیاند، داودیش ئەمەی پێ باش بوو کە ببێت بە زاوای پاشا. بۆیە پێش ئەوەی ماوەکە تەواو بێت، [٢٧]هەستا و لەگەڵ پیاوەکانی ڕۆیشتن، دوو سەد پیاویان لە فەلەستییەکان کوشت. داود پێستی سەری ئەندامە نێرینەکانی ئەوانی هێنا و ژمارەی تەواوی دایە پاشا،

---

[a] ٧ واتە ئەگەر شاول بە هەزارانی کوشتبێت، ئەوا داود دەیان هەزار دەکوژێت.

هەتا ببێتە زاواى. شاولیش میخەلی کچی دایێ هەتا
ببێتە ژنی.
٢٨جا شاول بینی و زانی یەزدان لەگەڵ داودە و
میخەلی کچیشی خۆشی دەوێت. ٢٩شاول زیاتر لە
داود ترسا، ئیتر هەتا کۆتایی ژیانی دوژمنی داود بوو.
٣٠فەرماندە فەلەستییەکان بەردەوام بۆ جەنگ
دەچوون، هەر کاتێك دەچوون داود لە هەموو
ئەفسەرەکانی شاول سەرکەوتووتر دەبوو، جا
ناوبانگی زۆر بڵاو بووەوە.

## شاول دەیەوێت داود بکوژێت

١٩ ئیتر شاول بە یۆناتانی کوڕی و هەموو
خزمەتکارەکانی گوت کە داود بکوژن. بەڵام
یۆناتانی کوڕی شاول لە دڵەوە داودی خۆشدەویست.
٢جا یۆناتان بە داودی ڕاگەیاند و گوتی: «شاولی
باوکم دەیەوێ بتکوژێت. بەیانی ئاگات لە خۆت
بێت و لە حەشارگەیەکدا بمێنەوە، خۆت بشارەوە.
٣منیش دەچم و لەتەنیشت باوکمەوە لەو کێڵگەیەدا
ڕادەوەستم کە خۆتت تێیدا شاردووەتەوە، لەبارەی
تۆوە قسە لەگەڵ باوکم دەکەم و تەماشا دەکەم
بزانم چی دەبێت و پێتی ڕادەگەیەنم.»
٤ئینجا یۆناتان بە چاکە دەربارەی داود بۆ شاولی
باوکی قسەی کرد و گوتی: «با پاشا خراپەیەك
دەرهەق بە داودی خزمەتکاری خۆی نەکات، چونکە
ئەو خراپەی دەرهەق بە تۆ نەکردووە و کارەکانیشی
دەرهەق بە تۆ زۆر چاکن. ٥ئەو ژیانی خۆی خستە
سەر دەستی و فەلەستییەکەی کوشت، یەزدانیش
ڕزگارییەکی گەورەی بۆ هەموو ئیسرائیل هێنایە
ئاراوە، تۆ خۆت بینیت و دڵخۆش بوویت، ئیتر بۆچی
خراپە دەرهەق بە خوێنی بێتاوانێك دەکەیت، بەبێ
هۆ داود دەکوژیت؟»
٦شاولیش گوێی لە دەنگی یۆناتان گرت،
شاول سوێندی خوارد: «بە یەزدانی زیندوو، داود
ناکوژرێت.»
٧ئینجا یۆناتان داودی بانگکرد و هەموو ئەو
قسانەی پێ ڕاگەیاند، یۆناتان داودی هێنایەوە لای
شاول و ئیتر وەك جاران لەبەردەمیدا بوو.
٨جارێکی دیکە جەنگ هەڵگیرسا و داود چوو لە
دژی فەلەستییەکان بجەنگێت، گورزێکی گەورەی لێ
وەشاندن و لەبەردەمی هەڵاتن.
٩بەڵام کاتێك شاول لە ماڵەوە دانیشتبوو و ڕمێکی
بەدەستەوە بوو، دیسان ڕۆحێکی بەد لەلایەن
یەزدانەوە هاتەوە سەری. کاتێك داود قیسارەکەی
دەژەند، ١٠شاول ویستی بە ڕمەکەی لە داود بدات
و بە دیوارەکەوە هەڵیبواسێت، بەڵام ئەو لەبەردەم
شاولدا هەڵات، جا لە دیوارەکەی دا و داودیش
هەڵات و ئەو شەوە دەرباز بوو.
١١پاشان شاول چەند نێردراوێکی بۆ ماڵی داود
نارد هەتا چاودێری بکەن و لە بەیانیدا بیکوژن. بەڵام
میخەلی ژنی پێی ڕاگەیاند و گوتی: «ئەگەر ئەمشەو
دەرباز نەبیت، بۆ سبەینێ کوژراویت.» ١٢ئیتر
میخەل داودی لە پەنجەرەکەوە شۆڕکردەوە، ئەویش
ڕۆیشت، ڕایکرد و دەرباز بوو. ١٣پاشان میخەل
پەیکەرێکی برد و خستییە ناو جێگاکەیەوە، هەندێك
مووی بزنیشی لە جێی سەری دانا و بە جلوبەرگ
دایپۆشی.
١٤شاولیش چەند نێردراوێکی نارد هەتا داود بگرن،
میخەلیش گوتی: «نەخۆشە.»
١٥ئینجا شاول چەند نێردراوێکی بۆ بینینی داود
نارد و گوتی: «بە جێگاکەیەوە بۆ منی بهێنن هەتا
بیکوژم.» ١٦بەڵام کاتێك نێردراوەکان هاتنە ژوورەوە،
تەماشایان کرد ئەوەتا پەیکەرێك لەناو جێگاکەیە و
هەندێك مووی بزنیش لە جێی سەرییەتی.
١٧جا شاول بە میخەلی گوت: «بۆچی ئاوا
هەڵتخەڵەتاندم، دوژمنەکەی منت بەڕەڵا کرد و
دەرباز بوو؟»
میخەلیش بە شاولی گوت: «ئەو پێی گوتم:
”ئەگەر بەڕەڵام نەکەی دەتکوژم.“»
١٨کاتێك داود ڕایکرد و دەرباز بوو، چوو بۆ لای
ساموئێل لە ڕامە، هەموو ئەوەی شاول پێی کردبوو
پێی ڕاگەیاند. ئینجا داود لەگەڵ ساموئێل چوون و لە

نایۆت مانەوە. [١٩]جا بە شاول ڕاگەیەنرا و گوترا: «داود وا لە نایۆتە لە ڕامە.» [٢٠]شاولیش چەند نێردراوێکی نارد بۆ گرتنی داود، کاتێك کۆمەڵی پێغەمبەرانیان بینی حاڵیان گرتووە و ساموئێلیش وەك سەرۆك بەسەریانەوە ڕاوەستاوە، ڕۆحی خودا بەسەر نێردراوەکانی شاولیشدا هات و ئەوانیش حاڵیان گرت. [٢١]ئەمەیان بە شاول ڕاگەیاند، ئەویش چەند نێردراوێکی دیکەی نارد، هەروەها ئەوانیش حاڵیان گرت. ئینجا بۆ جاری سێیەم چەند نێردراوێکی نارد و ئەوانیش حاڵیان گرت. [٢٢]ئینجا خۆی چوو بۆ ڕامە، گەیشتە ئەمباراوە گەورەکە، ئەوەی لە سەخویە، پرسیاری کرد: «ساموئێل و داود لەکوێن؟»

پێی گوترا: «لە نایۆتن، لە شارۆچکەی ڕامە.»

[٢٣]جا شاول چوو بۆ ئەوێ، بۆ نایۆت لە ڕامە. تەنانەت ئەویش ڕۆحی خودا هاتە سەری و بە ڕۆیشتنەوە حاڵی گرت هەتا گەیشتە نایۆت. [٢٤]جلەکانی لەبەر خۆی داکەند و ئەویش لەبەردەم ساموئێل حاڵی گرت، بە درێژایی ئەو شەو و ڕۆژە بە ڕووتی خۆی دا بە زەویدا. لەبەر ئەوەیە دەڵێن، «ئایا شاولیش لەنێو پێغەمبەرەکانە؟»

## داود و یۆناتان

٢٠ پاشان داود لە نایۆتی ڕامەوە ڕایکرد، چووە بەردەم یۆناتان و لێی پرسی: «چیم کردووە و تاوانم چییە، چ گوناهێکم بەرامبەر بە باوکت کردووە، هەتا بمکوژێت؟»

[٢]یۆناتانیش وەڵامی دایەوە: «لە تۆ بەدوور بێت، نامریت! ئەوەتا باوکم هیچ شتێکی گەورە یان بچووك ناکات هەتا پێم نەڵێت، ئیتر بۆچی باوکم ئەمەم لێ بشارێتەوە؟ نەخێر وا نییە.»

[٣]داودیش سوێندی خوارد: «باوکت باش دەزانێت کە تۆ منت خۆشدەوێت، لەبەر ئەوە وا بیر دەکاتەوە و دەڵێت: "با یۆناتان بەم کارە نەزانێت نەوەك خەفەت بخوات." بەڵام بە یەزدانی زیندوو و بە گیانی تۆ، نێوان من و مەرگ تەنها هەنگاوێکە.»

[٤]یۆناتانیش بە داودی گوت: «هەرچی دەڵێیت ئەوەت بۆ دەکەم.»

[٥]داود بە یۆناتانی گوت: «سەیر بکە، سبەینێ جەژنی سەرەمانگە، دەبێت منیش بۆ نانخواردن لەگەڵ پاشا دانیشم، بەڵام تۆ ڕێگام پێبدە بڕۆم و منیش هەتا ئێوارەی ڕۆژی سێیەم لەناو کێڵگەکەدا خۆم دەشارمەوە. [٦]ئەگەر باوکت بەسەری کردمەوە، پێی بڵێ: "داود بە پەرۆشەوە داوای لێکردم هەتا بە پەلە بچێتە بێتلەحمی شارەکەی خۆی، چونکە لەوێ قوربانی ساڵانە بۆ هەموو خێڵەکەی سەردەبڕدرێت." [٧]ئەگەر گوتی: "باشە،" ئەوا خزمەتکارەکەت سەلامەت دەبێت. بەڵام ئەگەر زۆر تووڕە بوو ئەوا بزانە نیازی خراپە. [٨]کەواتە بە باشی هەڵسوکەوت لەگەڵ خزمەتکارەکەتدا بکە، چونکە تۆ لەبەردەم یەزدان منت خستووەتە ناو پەیمانێکەوە. ئەگەر تاوانێك لە مندا هەبێت، ئەوا خۆت بمکوژە، ئیتر بۆچی دەمدەیتە دەستی باوکت؟»

[٩]یۆناتانیش گوتی: «لە تۆ بەدوور بێت، چونکە ئەگەر بەڕاستی بمزانیایە باوکم بەرامبەر بە تۆ نیازی خراپە، ئایا پێم ڕانەدەگەیاندیت؟»

[١٠]داودیش لە یۆناتانی پرسی: «ئەگەر باوکت بە ڕەقی وەڵامی دایتەوە، کێ پێم ڕادەگەیەنێت؟»

[١١]یۆناتانیش بە داودی گوت: «وەرە با بچینە دەرەوە بۆ کێڵگەکە.» جا هەردووکیان پێکەوە چوون.

[١٢]ئینجا یۆناتان بە داودی گوت: «بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، سبەینێ یان دوو سبەی وەك ئەم کاتە دەمی باوکم تاقی دەکەمەوە، جا ئەگەر بۆ تۆ باش بوو، ئەوا هەواڵت بۆ دەنێرم و ئاگادارت دەکەمەوە. [١٣]بەڵام ئەگەر باوکم نیازی خراپەی لەگەڵ تۆ هەبوو، با یەزدان توندترین سزای یۆناتان بدات، ئەگەر بۆت ئاشکرا نەکەم و بە سەلامەتی بەڕێت نەکەم. با یەزدان لەگەڵتدا بێت وەك چۆن لەگەڵ باوکم بوو. [١٤]بە درێژایی ژیانم خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدانم نیشان بدە بۆ ئەوەی نەمرم، [١٥]بەڵکو هەتاهەتایە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت لەگەڵ بنەماڵەکەم مەبڕە، تەنانەت هەتا ئەو کاتەش

که یەزدان هەموو دوژمنەکانی داود لەسەر زەوی دەبڕێتەوە.»

[١٦]جا یۆناتان پەیمانی لەگەڵ بنەماڵەی داود بەست و گوتی: «با یەزدان لێپرسینەوە لەگەڵ دوژمنەکانی داود بکات.» [١٧]یۆناتان سوێندەکەی بە داود دووپات کردەوە کە ئەوی خۆشدەوێت، چونکە وەك خۆی خۆشی دەویست.

[١٨]پاشان یۆناتان بە داودی گوت: «سبەینێ جەژنی سەرەمانگە، دەربارەی تۆ پرسیار دەکەن، چونکە جێگات بەتاڵ دەبێت. [١٩]دوو سبەی بە خێرایی دابەزە و بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر لە ڕۆژی کارەکەدا خۆتت تێیدا شاردەوە[a]، لەلای گابەردی ئەزەل دابنیشە. [٢٠]منیش سێ تیر دەگرمە تەنیشتی بەردەکە وەك ئەوەی بیگرمە نیشانێك. [٢١]ئینجا کوڕێك دەنێرم و دەڵێم: ”بڕۆ ئەو تیرانە بدۆزەوە.“ ئەگەر بە کوڕەکەم گوت: ”ئەوەتا تیرەکان لەولاتەوەن، بیانهێنە،“ تۆ وەرە، بە یەزدانی زیندوو، سەلامەت دەبیت و هیچ مەترسییەك نییە. [٢٢]بەڵام ئەگەر بە کوڕەکەم گوت: ”ئەوەتا تیرەکان لەو بەرتن،“ ئەوا بڕۆ، چونکە یەزدان بەڕێی کردوویت. [٢٣]ئەو قسەیەش کە من و تۆ کردمان، ئەوەتا یەزدان هەتاهەتایە لەنێوان من و تۆدا شایەتە.»

[٢٤]داود خۆی لە کێڵگەکەدا شاردەوە، کاتێك جەژنی سەرەمانگ هات، پاشا بۆ نانخواردن لەسەر خوان دانیشت. [٢٥]پاشا وەك هەموو جارێك لە شوێنەکەی خۆی لەلای دیوارەکەوە لە بەرامبەر یۆناتان دانیشت، ئەبنێریش لەتەنیشت شاولەوە دانیشت، بەڵام جێگای داود بەتاڵ بوو. [٢٦]لەو ڕۆژەدا شاول هیچی نەگوت، چونکە وا بیری کردەوە: «لەوانەیە شتێك بەسەر داود هاتبێت، لەشی پاك نەبێت، دیارە لەشی پاك نییە.» [٢٧]ئەوە بوو بۆ سبەینێ لە دووی مانگیشدا جێگای داود هەر بەتاڵ بوو، شاولیش بە یۆناتانی کوڕی گوت: «بۆچی نە دوێنێ و نە ئەمڕۆ، کوڕەکەی یەسا نەهاتووە بۆ نانخواردن؟»

[٢٨]یۆناتانیش وەڵامی شاولی دایەوە: «داود بە پەرۆشەوە داوای لێکردم بچێت بۆ بێتلەحم و [٢٩]گوتی: ”تکایە ڕێم بدە، چونکە لە شارۆچکەکەدا قوربانی سەربڕاوی خێڵەکەمان هەیە و براکەم فەرمانی پێ کردووم، جا ئێستا ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، تکایە ڕێم بدە با براکانم ببینم،“ لەبەر ئەوە نەهاتووە بۆ خوانی پاشا.»

[٣٠]ئینجا شاول زۆر لە یۆناتان تووڕە بوو و پێی گوت: «هەی کوڕی ژنە خواروخێچ و یاخیبووەکە! بۆ من نازانم؟ دۆستایەتیت لەگەڵ کوڕەکەی یەسا شەرمەزاری دێنێتە سەر خۆت و داوێنی دایکت. [٣١]هەتا کوڕەکەی یەسا لەسەر زەوی زیندوو بێت، نە خۆت و نە پاشایەتییەکەت جێگیر نابن. ئێستاش بنێرە و با بۆ منی بهێنن، چونکە پێویستە بمرێت!»

[٣٢]یۆناتانیش وەڵامی شاولی باوکی دایەوە: «بۆچی دەبێت بکوژرێت؟ چی کردووە؟» [٣٣]بەڵام شاول ڕمەکەی تێگرت بۆ ئەوەی بیکوژێت. بەم کارە یۆناتان زانی کە باوکی سوورە لەسەر کوشتنی داود.

[٣٤]جا یۆناتان زۆر بە تووڕەیی لەسەر خوانەکە هەستا و لە ڕۆژی دووەمی مانگدا هیچی نەخوارد، چونکە دڵتەنگ بوو بۆ داود، لەبەر ئەوەی باوکی شەرمەزاری کرد.

[٣٥]بۆ بەیانی یۆناتان بۆ دیدەنی داود بەرەو کێڵگە چوو، کوڕێکی بچووکیشی لەگەڵ بوو. [٣٦]بە کوڕەکەی گوت: «ڕابکە ئەو تیرانە بدۆزەرەوە کە من دەیانهاوێژم.» لەو کاتەدا کە کوڕەکە ڕایدەکرد، تیرێکی هاویشت و لەوی تێپەڕاند. [٣٧]کاتێك کوڕەکە گەیشتە شوێنی تیرەکە کە یۆناتان هاویشتبووی، جا یۆناتان هاواری لێکرد: «ئەوە تیرەکە نییە، لەوبەری تۆ، لە سەرەوە؟» [٣٨]ئینجا یۆناتان هاواری لە کوڕەکە کرد: «خێرا بکە، پەلە بکە، مەوەستە!» کوڕەکەش تیرەکەی هەڵگرتەوە و بۆ لای گەورەکەی گەڕایەوە. [٣٩]کوڕەکەش هیچی نەدەزانی، بەڵام یۆناتان و داود تێدەگەیشتن. [٤٠]ئینجا یۆناتان چەکەکەی بە خزمەتکارەکەی خۆی دا و پێی گوت: «بڕۆ بیبەوە بۆ شار.»

[٤١]کوڕەکە ڕۆیشت و داودیش لەلای باشووری

[a] ١٩ بڕوانە ٢:١٩.

گابەردەکەوە هەستا، سێ جار لەبەردەم یۆناتان
کڕنۆشی برد و لەسەر ڕوو کەوت. ئینجا یەکتریان
ماچکرد و پێکەوە گریان، بەڵام داود زیاتر گریا.
٤٢جا یۆناتان بە داودی گوت: «بە سەلامەتی بڕۆ،
چونکە ئێمە هەردووکمان سوێندمان بە ناوی یەزدان
خواردووە و گوتوومانە: ”یەزدان بۆ هەتاهەتایە
لەنێوان من و تۆ و نەوەکانمان شایەت بێت.“» ئینجا
داود هەستا و ڕۆیشت، یۆناتانیش گەڕایەوە شار.

## داود لە شاری نۆڤ

٢١ داود هاتە نۆڤ بۆ لای ئەحیمەلەخی
کاهین، ئەحیمەلەخ کە داودی بینی شڵەژا
و پێی گوت: «بۆ بە تەنهایت و کەست لەگەڵ نییە؟»
٢داودیش وەڵامی ئەحیمەلەخی کاهینی دایەوە:
«پاشا فەرمانی ئەرکێکی پێکردووم، پێی گوتم:
”نابێت کەس هیچ شتێك لەبارەی ئەم ئەرکەوە
بزانێت کە من تۆی بۆ دەنێرم و پێم سپاردوویت.“
لەگەڵ پیاوەکانیشم شوێنێکم بۆ دیاری کردوون کە
چاویان پێم بکەوێت، ٣ئێستاش چیت لەبەردەستە؟
پێنج نان یان ئەوەی هەیە بمدەرێ.»
٤کاهینەکەش وەڵامی داودی دایەوە: «نانی
ئاساییم لەلا دەستناکەوێت، بەڵام نانی پیرۆز[a] هەیە،
بە مەرجێك پیاوەکان خۆیان پاراستبێت لە ژنان[b].»
٥داودیش وەڵامی کاهینەکەی دایەوە: «بێگومان
ژنمان لێ قەدەغەکراوە، وەك هەموو جارێك کە بۆ
ئەرکێك چووبم، قاپوقاچاغەکانی پیاوەکانم پیرۆزن،
تەنانەت ئەگەر ئەرکەکەش ئاسایی بووبێت، ئایا
دەبێت ئەمڕۆ قاپوقاچاغەکانیان چەند پیرۆز بن؟»
٦لەبەر ئەوە کاهینەکە نانە پیرۆزەکەی پێدا، چونکە
هیچ نانێکی دیکە لەوێ نەبوو، جگە لە نانی
تەرخانکراو، ئەوەی لەبەردەم یەزدان لابردرابوو،
هەتا لە هەمان ڕۆژدا بە نانی گەرم جێی بگرێتەوە.

[a] ٤ نانی پیرۆز هەمان نانی تەرخانکراوە کە لەپێش خودا لەسەر مێزەکە ئامادەکراوە.

[b] ٤ واتە لەگەڵ ژنەکانیان سەرجێییان نەکردبێت. بڕوانە دواوتار ٢٣:٩-١٤ و دووەم ساموئێل ١١:١١.

٧لەو ڕۆژەدا پیاوێك لە خزمەتکارەکانی شاول
لەبەردەم یەزداندا دەستبەسەر بوو، ناوی دۆئێگی
ئەدۆمی بوو، گەورەی شوانەکانی شاول بوو.
٨ئینجا داود بە ئەحیمەلەخی گوت: «ئایا لێرە
ڕمێك یان شمشێرێکت لەبەردەستدا هەیە؟ چونکە
نە شمشێرەکەم و نە هیچ چەکێکی دیکەم نەهێناوە،
ئەرکەکەی پاشا زۆر بە پەلە بوو.»
٩کاهینەکەش گوتی: «شمشێرەکەی گۆلیاتی
فەلەستی، ئەوەی لە دۆڵی ئێلە کوشتت، ئەوەتا لە
جلێکەوە پێچراوە لە پشت ئێفۆدەکە، ئەگەر ئەو بۆ
خۆت دەبەیت، بیبە، چونکە جگە لەو هیچی دیکە
لێرە نییە.»
داودیش گوتی: «لەوە باشتر نابێت، بمدەرێ.»

## داود بۆ گەت هەڵدێت

١٠هەر لەو ڕۆژەدا داود هەستا و لەبەردەم
شاول ڕایکرد، هات بۆ لای ئاخیشی پاشای گەت[c].
١١خزمەتکارەکانی ئاخیش بە پاشایان گوت: «ئەرێ
ئەمە داودی پاشای خاکەکە نییە؟ ئەی بۆ ئەم نەبوو
بەدەم گۆرانی و سەماوە دەیانگوت:

«”شاول هەزارانی کوشت و
داودیش دەیان هەزار“؟»

١٢داود ئەم قسانەی خستە ناو دڵییەوە و زۆر
لە ئاخیشی پاشای گەت ترسا، ١٣لەبەرچاویاندا
هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی، لەبەردەستیان خۆی
شێتکرد و دەستی بە ڕووشاندنی چوارچێوەی
دەروازەکان کرد، لیك بە ڕیشیدا دەهاتە خوارەوە.
١٤ئینجا ئاخیش بە خزمەتکارەکانی گوت: «ئەوەتا
دەبینن ئەم پیاوە شێتە؟ ئیتر بۆچی دەیهێننە لای
من؟ ١٥ئایا من پێویستم بە شێت هەیە، هەتا ئەمەم
بۆ بهێنن و لەبەردەمم شێتی بیگرێت؟ ئایا ئەمە بێتە
ناو ماڵەکەمەوە؟»

[c] ١٠ شارێکی فەلەستییەکان بوو.

## داود لە عەدولام و میچپا

٢٢
پاشان داود لە گەت ڕۆیشت و بۆ
ئەشکەوتی عەدولام دەرباز بوو. کاتێك
براکانی و هەموو ماڵی باوکی ئەمەیان بیست،
چوونە ئەوێ بۆ لای. [٢]جا هەرچی پیاوی لێقەوماو
و قەرزار و ناڕازی لە ژیان هەبوو لێی کۆبوونەوە،
ئەویش بوو بە سەرۆکیان، نزیکەی چوار سەد پیاوی
لەگەڵ بوو.
[٣]داود لەوێوە چوو بۆ میچپای مۆئاب و بە پاشای
مۆئابی گوت: «تکایە با دایك و باوکم بۆ لای ئێوە بێن،
هەتا بزانم خودا چیم بۆ دەکات.» [٤]هەردووکیانی برد
بۆ لای پاشای مۆئاب و ئەوانیش لەلای مانەوە، بە
درێژایی ئەو ماوەیەی داود لە قەڵاکە بوو.
[٥]بەڵام گادی پێغەمبەر بە داودی گوت: «لەناو
قەڵاکە مەمێنەرەوە، بڕۆ ناو خاکی یەهودا.» داودیش
ڕۆیشت و چوو بۆ دارستانی حەرەت.

## کوشتنی کاهینەکانی شاری نۆڤ

[٦]ئینجا شاول گوێی لێبوو کە داود و ئەو پیاوانەی
لەگەڵیدان ئاشکرا بوون. جا شاول لە گیڤعا لەژێر دار
گەزێك لە ڕامە دانیشتبوو و ڕمەکەی بەدەستەوە
بوو، سەرجەم خزمەتکارەکانی لە دەوری وەستابوون.
[٧]شاول پێی گوتن: «ئەی بنیامینییەکان، ئێستا گوێ
بگرن! ئایا کوڕەکەی یەسا کێڵگە و ڕەزەمێو بە
هەمووتان دەدات؟ ئایا هەمووتان دەکاتە فەرماندەی
هەزاران و سەدان؟ [٨]هەموو پیلانتان لە دژم گێڕاوە،
کەستان پەیمانی نێوان کوڕەکەی من و کوڕەکەی
یەساتان بۆ ئاشکرا نەکردم. کەستان دڵی پێم
ناسووتێت، کەستان بەگوێمدا نەیچرپاند کە کوڕەکەم
خزمەتکارەکەی خۆمی لێ هەستاندووەتەوە هەتا
وەك ئەمڕۆ بۆسەم بۆ دابنێتەوە.»
[٩]بەڵام دۆئێگی ئەدۆمی کە لەگەڵ خزمەتکارەکانی
شاولدا وەستابوو وەڵامی دایەوە، گوتی: «کوڕەکەی
یەسام بینی بۆ نۆڤ دەهات، بۆ لای ئەحیمەلەخی
کوڕی ئەحیتوڤ. [١٠]ئەحیمەلەخیش پرسیاری لە
یەزدان بۆ کرد، ئازووقەی پێدا و شمشێرەکەی
گۆلیاتی فەلەستیشی دایێ.»
[١١]پاشا ناردی بەدوای ئەحیمەلەخی کوڕی
ئەحیتوڤی کاهین و هەموو ماڵی باوکی، ئەو
کاهینانەی لە نۆڤ بوون، بانگی کردن و هەموویان
هاتن بۆ لای پاشا. [١٢]شاول گوتی: «کوڕی ئەحیتوڤ،
ئێستا گوێ بگرە.»
ئەویش گوتی: «بەڵێ، گەورەم.»
[١٣]شاول پێی گوت: «بۆچی خۆت و کوڕەکەی یەسا
پیلانتان لە دژم گێڕا، بەوەی نان و شمشێرت پێداوە
و پرسیارت لە خودا بۆ کردووە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە
دژم هەستێت و بۆسەم بۆ بنێتەوە؟»
[١٤]ئەحیمەلەخیش وەڵامی پاشای دایەوە: «جا
لە هەموو خزمەتکارەکانت کێ وەك داود دڵسۆزە،
زاوای پاشا و فەرماندەی پاسەوانانی خۆت، لە
ماڵەکەتدا ڕێزدارە؟ [١٥]ئایا ئەمە یەکەم جار بووە بۆی
لە خودا بپرسم؟ نەخێر! با پاشا هیچ نەخاتە پاڵ
خزمەتکارەکەی و پاڵ هەموو ماڵی باوکم، چونکە
خزمەتکارەکەت کەم یان زۆر، هیچ لەبارەی ئەمەوە
نازانێت.»
[١٦]بەڵام پاشا گوتی: «ئەحیمەلەخ، بە دڵنیاییەوە
سزای خۆت و هەموو ماڵی باوکت مردنە.»
[١٧]ئینجا پاشا فەرمانی بەو پاسەوانانە کرد کە لە
دەوری وەستابوون: «بڕۆن و کاهینەکانی یەزدان
بکوژن، ئەوانیش دەستیان لەگەڵ داود تێکەڵاوە،
چونکە زانییان ڕایکردووە و هەواڵیان نەدامێ.»
بەڵام خزمەتکارانی پاشا نەیانویست دەستیان
درێژ بکەن تاکو لە کاهینەکانی یەزدان بدەن.
[١٨]ئینجا پاشا بە دۆئێگی گوت: «تۆ بڕۆ و لە
کاهینەکان بدە.» دۆئێگی ئەدۆمیش[a] چوو و
لە کاهینەکانی دا، لەو ڕۆژەدا هەشتا و پێنج
پیاوی ئێفۆد کەتان لەبەری کوشت، [١٩]نۆڤی شاری
کاهینەکانیشی دایە بەر شمشێر، پیاو و ئافرەت
و منداڵ و شیرەخۆرە و گا و گوێدرێژ و مەڕی بە
شمشێر کوشت.

[a] ١٨ خەڵکی ئەدۆم سەر بە نەوەی ئیسرائیل نەبوون.

[٢٠]بەڵام تاکە کوڕێکی ئەحیمەلەخی کوڕی ئەحیتوڤ کە ناوی ئەبیاتار بوو دەرباز بوو و ڕایکرد بۆ لای داود. [٢١]جا ئەبیاتار بە داودی ڕاگەیاند کە شاول کاهینەکانی یەزدانی کوشتووە. [٢٢]داودیش بە ئەبیاتاری گوت: «لەو ڕۆژەوەی کە دۆئێگی ئەدۆمی لەوێ بوو زانیم بێگومان بە شاول ڕادەگەیەنێت. من بوومە هۆی کوشتنی هەموو ماڵی باوکت. [٢٣]لەگەڵ مندا بمێنەرەوە و مەترسە، چونکە ئەوەی دەیەوێ من بکوژێت دەیەوێ تۆش بکوژێت، بەڵام لەلای من پارێزراو دەبیت.»

## ڕزگارکردنی شاری قەعیلا

٢٣ کاتێک بە داود ڕاگەیەنرا و گوترا: «فەلەستییەکان لە دژی قەعیلا دەجەنگن و جۆخینەکان[a] تاڵان دەکەن،» [٢]ئەویش لە یەزدانی پرسی و گوتی: «بچم، لەو فەلەستییانە بدەم؟»

یەزدانیش بە داودی فەرموو: «بڕۆ لە فەلەستییەکان بدە و قەعیلا ڕزگار بکە.»

[٣]بەڵام پیاوەکانی داود پێیان گوت: «ئێمە لێرە لە یەهودایین وا دەترسین، ئەی چەند زیاتر ئەگەر لە دژی لەشکری فەلەستییەکان بچینە قەعیلا؟»

[٤]دیسان داود گەڕایەوە لە یەزدانی پرسی، یەزدانیش وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «هەستە و بڕۆ بۆ قەعیلا، چونکە من فەلەستییەکان دەدەمە دەست تۆ.» [٥]ئینجا داود و پیاوەکانی چوونە قەعیلا، لە دژی فەلەستییەکان جەنگان و ئاژەڵە ماڵییەکانی ئەوانیان برد. ئیتر داود زیانێکی گەورەی بە فەلەستییەکان گەیاند و دانیشتووانی قەعیلاشی ڕزگار کرد. [٦]کە ئەبیاتاری کوڕی ئەحیمەلەخ بۆ لای داود هەڵاتبوو چووبووە قەعیلا، ئێفۆدێکی لەگەڵ خۆی بردبوو.

## ڕاوانی داود لەلایەن شاولەوە

[٧]بە شاول ڕاگەیەنرا کە داود هاتووە بۆ قەعیلا، شاول گوتی: «خودا داویەتییە دەستم، چونکە بە هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو شارێک کە دەرگا و شمشێرەی[b] هەیە تێکەوت.» [٨]ئینجا شاول هەموو هێزەکانی بۆ جەنگ بانگکرد، بۆ دابەزین بۆ قەعیلا و گەمارۆدانی داود و پیاوەکانی.

[٩]کاتێک داود بەو پیلانگێڕییە خراپەی شاولی زانی، بە ئەبیاتاری کاهینی گوت: «ئێفۆدەکە بهێنە.» [١٠]داود گوتی: «ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، بەندەکەت بە دڵنیایی بیستوویەتی کە شاول دەیەوێت بێتە قەعیلا تاوەکو بەهۆی منەوە شارەکە کاول بکات. [١١]ئایا خەڵکی قەعیلا دەمدەنە دەستیەوە؟ ئایا شاول دێت، هەروەک بەندەکەت بیستوویەتی؟ ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەم شتانە بۆ بەندەکەت ئاشکرا بکە.»

یەزدانیش فەرمووی: «دێت.»

[١٢]ئەم جارە داود گوتی: «ئایا خەڵکی قەعیلا من و پیاوەکانم دەدەنە دەست شاول؟» یەزدانیش فەرمووی: «بەدەستەوەتان دەدەن.»

[١٣]ئیتر داود و پیاوەکانی کە نزیکەی شەش سەد کەس بوون خۆیان ئامادە کرد و قەعیلایان بەجێهێشت و لە شوێنێکەوە دەچوون بۆ شوێنێکی دیکە. کاتێک بە شاول ڕاگەیەنرا کە داود لە قەعیلا دەربازی بووە، بەدوایاندا نەچوو.

[١٤]داودیش لە چۆڵەوانی لە قەڵاکاندا مایەوە، لە چیادا لە چۆڵەوانی زیف مایەوە، شاولیش بەردەوام بەدوایەوە بوو، بەڵام خودا نەیدایە دەست شاول.

[١٥]کاتێک داود لە چۆڵەوانی زیف لە حۆرێش بوو زانی شاول بۆ کوشتنی هاتووەتە دەرەوە. [١٦]جا یۆناتانی کوڕی شاول هەستا و چوو بۆ لای داود بۆ حۆرێش و وای لێکرد بۆ هێزی پشت بە خودا ببەستێت، [١٧]پێی گوت: «مەترسە. شاولی باوکم دەستی ناتگاتێ. تۆ دەبیتە پاشای ئیسرائیل، منیش کەسی دووەم دەبم، تەنانەت شاولی باوکیشم ئەمە دەزانێت.» [١٨]هەردووکیان پەیمانێکیان لەبەردەم

[a] ١ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[b] ٧ شمشیر، پارچە دارێک بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

یەزداندا بەست و دوای ئەوە یۆناتانیش گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام داود لە حۆرێشدا مایەوە.

[١٩]پاشان زیفییەکان سەرکەوتن بۆ گیڤعا، بۆ لای شاول، گوتیان: «ئایا داود لەلای ئێمە خۆی نەشاردووەتەوە، لەناو قەڵاکانی حۆرێش لە گردی حەکیلا ئەوەی بەلای باشووری یەشیمۆنە؟ [٢٠]ئێستاش ئەی پاشا دابەزە، هەر کاتێک ویستت دابەزە، ئێمەش لەسەرمانە بیدەینە دەستی پاشا.»

[٢١]شاولیش وەڵامی دانەوە: «یەزدان بەرەکەتدارتان بکات، چونکە بەزەییتان پێمدا هاتەوە، [٢٢]ئێستا بڕۆن و دڵنیابنەوە، بزانن و تەماشای ئەو جێگایە بکەن کە لێی دەبێت و کێ لەوێ بینیویەتی. پێم گوتراوە زۆر زۆرزانە. [٢٣]تەماشا بکەن و هەموو ئەو حەشارگانەی کە خۆی تێیاندا حەشار دەدات بزانن و بە هەواڵی تەواوەوە بگەڕێنەوە بۆ لام، منیش لەگەڵتاندا دێم، ئەگەر لەو ناوچەیە بێت، ئەوا لەنێو هەموو خێڵەکانی یەهودا بەدوایدا دەگەڕێم.»

[٢٤]ئینجا هەستان و لەپێش شاولەوە چوون بۆ زیف و لەو کاتەدا داود و پیاوەکانی لە چۆڵەوانی ماعۆن بوون، لە عەراڤا[a] لەلای باشووری یەشیمۆن. [٢٥]شاول و پیاوەکانی چوون بەدوایدا بگەڕێن، بە داود ڕاگەیەنرا و ئەویش دابەزی بۆ تاشەبەردەکە و لە چۆڵەوانی ماعۆندا مایەوە. کاتێک شاول ئەمەی بیست، چوو بۆ چۆڵەوانی ماعۆن و دوای داود کەوت. [٢٦]شاول بەم لای چیاکەدا دەڕۆیشت و داود و پیاوەکانیشی بە لایەکەی دیکەدا دەڕۆیشتن، داود بە پەلە لەبەردەم شاولدا هەڵدەهات، شاول و پیاوەکانی خەریک بوون داود و پیاوەکانی گەمارۆ بدەن هەتا دەستبەسەریان بکەن. [٢٧]لەم کاتەدا نێردراوێک هاتە لای شاول و گوتی: «خێرا بکە و وەرەوە، چونکە فەلەستییەکان بەسەر خاکەکەیاندا داوە.» [٢٨]لێرەدا شاول لە ڕاوونانی داود گەڕایەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلەستییەکان چوو. لەبەر ئەوە ئەو شوێنە ناونرا تاشەبەردی جیابوونەوە. [٢٩]ئینجا داود لەوێوە سەرکەوت و لە قەڵاکانی کانی گەدی مایەوە.

## داود، شاول دەبەخشێت

٢٤ پاش ئەوەی شاول لە ڕاوونانی فەلەستییەکان گەڕایەوە پێی ڕاگەیەنرا و گوترا: «داود لە چۆڵەوانی کانی گەدییە.» [٢]ئینجا شاول لە هەموو ئیسرائیلدا سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی برد و چوو بۆ گەڕان بەدوای داود و پیاوەکانی، لەسەر هەڵدێرەکانی بزنە کێوییەکان.

[٣]شاول هاتە لای پەرژینە مەڕەکانی سەر ڕێگاکە، لەوێدا ئەشکەوتێکی لێبوو، چووە ژوورەوە هەتا دەست بەئاوبگەیەنێت. داود و پیاوەکانیشی لە قووڵایی ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوون. [٤]پیاوەکانی داود پێیان گوت: «ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە یەزدان پێی فەرمووی: "من دوژمنەکانت دەدەمە دەستت، تۆش ئەوەی پێت باشە پێیانی دەکەیت."» داودیش هەستا و بەدزییەوە لایەکی کەواکەی شاولی بڕی.

[٥]پاش ئەمە، دڵی داود ئازاری دا، لەبەر ئەوەی لایەکی کەواکەی شاولی بڕی. [٦]جا بە پیاوەکانی گوت: «لەلایەن یەزدانەوە بە دوور بێت کە کاری وا بە گەورەکەم بکەم، دەستنیشانکراوی یەزدان، ئەگەر دەستی بۆ درێژ بکەم، چونکە ئەو دەستنیشانکراوی یەزدانە.» [٧]داود بەم قسانە پیاوەکانی سەرزەنشت کرد و ڕێگای پێنەدان بۆ هێرشکردنە سەر شاول، شاولیش لە ئەشکەوتەکە هەستا و ڕێگای خۆی گرتەبەر.

[٨]پاش ئەمە داود هەستا و لە ئەشکەوتەکە چووە دەرەوە، بەدوای شاولدا هاواری کرد و گوتی: «پاشای گەورەم!» کاتێک شاول بەرەو دواوە ئاوڕی دایەوە، داود سەری دانەواند و کڕنۆشی برد. [٩]ئینجا داود بە شاولی گوت: «بۆچی گوێ لە قسەی خەڵک دەگریت، ئەوانەی دەڵێن: "ئەوەتا داود خراپەی تۆی دەوێت"؟ [١٠]ئەوەتا ئەمڕۆ بە چاوەکانی خۆت بینیت کە چۆن یەزدان ئەمڕۆ تۆی لەو ئەشکەوتەدا دایە دەستم. پێم گوترا کە بتکوژم، بەڵام من بەزەییم پێتدا هاتەوە

[a] ٢٤ شیوێک بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

و گوتم: ”دەستم بۆ گەورەم درێژ ناکەم، چونکە ئەو دەستنیشانکراوی یەزدانە.“ [١١]باوکە تەماشا بکە، تەماشا دامێنی کەواکەت بەدەستمەوەیە! من دامێنی کەواکەی تۆم بڕی بەڵام نەمکوشتیت، بزانە و ببینە کە من هیچ خراپە و ناپاکییەکم نییە، دەرهەق بە تۆ تاوانبار نیم. کەچی تۆ ڕاوم دەنێی هەتا بمکوژیت. [١٢]با یەزدان دادوەری لەنێوان من و تۆدا بکات، یەزدان تۆڵەی منت لێ بکاتەوە، بەڵام من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە، [١٣]هەروەك پەندی پێشینان دەڵێت: ”خراپە لە خراپەکاران دەوەشێتەوە،“ لەبەر ئەوە من دەستت لێ بەرز ناکەمەوە.

[١٤]«پاشای ئیسرائیل بەدوای کێ کەوتووە؟ تۆ کێ ڕاو دەنێیت؟ بەدوای سەگێکی تۆپیو؟ بەدوای کێچێك؟ [١٥]با یەزدان ببێت بە دادوەر و حوکم لەنێوان من و تۆدا بکات، تەماشا بکات و ئەستۆپاکیم بسەلمێنێت، لە دەستی تۆ دەربازم بکات.»

[١٦]ئەوە بوو کە داود لەم قسانە بووەوە بۆ شاول، شاول گوتی: «داود، کوڕم، ئەمە دەنگی تۆیە؟» جا شاول دەنگی بەرزکردەوە و گریا، [١٧]بە داودی گوت: «تۆ لە من ڕاستودروستتریت، چونکە تۆ بە چاکە پاداشتت دامەوە، بەڵام من بە خراپە. [١٨]هەروەها ئەمڕۆ تۆ دەرتخست کە چاکەت لەگەڵدا کردووم، چونکە یەزدان منی دا بە دەستتەوە، بەڵام تۆ نەتکوشتم. [١٩]ئەگەر پیاو دوژمنەکەی دەست بکەوێت، ئایا بەرەو ڕێگای باش بەڕەڵای دەکات؟ با یەزدان پاداشتی چاکەت بداتەوە لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ مندا کردت. [٢٠]ئێستاش بە دڵنیاییەوە من دەزانم تۆ دەبیت بە پاشا، بە دەستی تۆ پاشایەتی ئیسرائیل دەچەسپێت. [٢١]ئێستا بە یەزدان سوێندم بۆ بخۆ کە دوای خۆم نەوەکەم نابڕیتەوە و ناویشم لە ماڵی باوکمدا ناسڕیتەوە.»

[٢٢]ئیتر داود سوێندی بۆ شاول خوارد، شاولیش گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی، داود و پیاوەکانیشی بۆ قەڵاکە سەرکەوتن.

## داود و نابال و ئەبیگایل

٢٥ ئەوە بوو ساموئێل مرد، هەموو ئیسرائیل کۆبوونەوە و شیوەنیان بۆ گێڕا، لە ماڵەکەی خۆیدا لە ڕامە ناشتیان.

دوای ئەوە داود هەستا و بەرەو چۆڵەوانی ماعۆن دابەزی. [٢]پیاوێك هەبوو لە ماعۆن موڵك و ماڵی لە کەرمەل[a] بوو. زۆر دەوڵەمەند بوو، سێ هەزار سەر مەڕ و هەزار سەر بزنی هەبوو، لە کەرمەل دەیبڕینەوە. [٣]پیاوەکە ناوی نابال بوو، ئەبیگایلی ژنی تێگەیشتوو و ڕوخسار جوان بوو، بەڵام پیاوەکە کە لە خێڵی کالێبی بوو، دڵڕەق و بەد ڕەفتار بوو.

[٤]داود لە چۆڵەوانییەوە بیستی کە نابال مەڕەکانی دەبڕێتەوە، [٥]دە خزمەتکاری نارد و پێی گوتن: «سەربکەون بۆ کەرمەل و بڕۆن بۆ لای نابال و بە ناوی منەوە سڵاوی لێ بکەن، [٦]ئاوا بڵێن: ”تەمەن درێژ بیت، خۆت و خاووخێزانت سەلامەت بن و هەرچیت هەیە سەلامەت بێت!

[٧]«”ئێستا بیستوومە کە لەلای ئێوە کاتی بڕینەوەی مەڕەکانە. بە درێژایی ئەو ماوەیەی شوانەکانت لەگەڵ ئێمە لە کەرمەل بوون ئازارمان نەدان و هیچیان لێ بزر نەبوو. [٨]لە خزمەتکارەکانی خۆت بپرسە و ئەوان پێت دەڵێن. لەبەر ئەوە با ئەو خزمەتکارانەم پەسەند بن لەلات. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژێکی چاکدا هاتووین، ئەوەی لە دەستت دێت بیدە خزمەتکارەکانت و داودی کوڕت.“»

[٩]کاتێك خزمەتکارەکان هاتن و بە ناوی داودەوە تەواوی ئەم پەیامەیان بە نابال ڕاگەیاند، چاوەڕێیان کرد.

[١٠]نابالیش وەڵامی خزمەتکارەکانی داودی دایەوە و گوتی: «داود کێیە و کوڕی یەسا کێیە؟ لەم ڕۆژانەدا ئەو خزمەتکارانە زۆر بوون کە هەریەکە و لەبەردەم گەورەکەی هەڵدێت. [١١]ئایا نان و ئاو و ئەو ئاژەڵانەی سەرم بڕییوە بۆ ئەوانەی خوری مەڕەکانم دەبڕنەوە، بیبەم و بیدەمە خەڵکێك کە نازانم خەڵکی کوێن؟»

[a] ٢ واتە کەرمەل لە باشووری خاکی ئیسرائیل، نەك کێوی کارمەل کە لە باکوورە.

[١٢]جا خزمەتکارەکانی داود بە ڕێگاکەیاندا گەڕانەوە، هاتن و هەموو ئەو قسانەیان پێی ڕاگەیاند. [١٣]داودیش بە پیاوەکانی گوت: «با هەریەکە و شمشێرەکەی لە خۆی ببەستێت!» جا هەریەکە و شمشێرەکەی لە خۆی بەست، داودیش شمشێرەکەی لە خۆی بەست. نزیکەی چوار سەد پیاو بەدوای داودەوە سەرکەوتن، دوو سەد کەسیش لەلای کەلوپەلەکان مانەوە.

[١٤]یەکێك لە خزمەتکارەکان بە ئەبیگایلی ژنی نابالی ڕاگەیاند و گوتی: «داود چەند نێردراوێکی لە چۆڵەوانییەوە نارد بۆ سڵاوکردن لە گەورەمان، ئەویش بەڕوویاندا تەقییەوە، [١٥]ئەو پیاوانەش چاکەی زۆریان بۆمان بووە و ئەزیەتیان نەداوین، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە کێڵگە لەگەڵیاندا بووین هیچمان لێ بزر نەبووە. [١٦]هەموو ئەو ماوەیەی کە لەگەڵیان بووین و مەڕمان دەلەوەڕاند، شەو و ڕۆژ شوورای دەورمان بوون. [١٧]ئێستاش بزانە و ببینە چی دەکەیت، چونکە بۆ گەورەمان و بۆ ماڵەکەی کارەسات بەڕێوەیە، گەورەمان کابرایەکی بەدفەڕە و قسەی لەگەڵدا ناکرێت.»

[١٨]ئەبیگایلیش بە پەلە دوو سەد نان و دوو مەشکە شەراب و پێنج مەڕی کەوڵکراو و پێنج پێوانە[a] دانەوێڵەی برژاو و سەد هێشووە کشمیش و دوو سەد نانە هەنجیری برد و لە گوێدرێژەکانی بارکرد، [١٩]بە خزمەتکارەکانی گوت: «لەپێشمەوە بڕۆن، منیش وا لە دواتانەوە دێم.» بەڵام بە نابالی مێردی نەگوت.

[٢٠]کاتێك بە سواری گوێدرێژەکە دەڕۆیشت و بەناو شیوەکەدا دەهاتە خوارەوە، بینی وا داود و پیاوەکانی بەرەو ڕووی دێنە خوارەوە، چاوی پێیان کەوت. [٢١]داودیش قسەی دەکرد و دەیگوت: «بێ سوود هەموو شتەکانی ئەو پیاوەم لە چۆڵەوانیدا پاراست و لە هەموو ئەوەی هی ئەو بوو هیچ بزر نەبوو، کەچی لە جیاتی چاکە خراپەم دەداتەوە. [٢٢]با خودا توندترین سزای داود بدات، ئەگەر هەتا بەرەبەیان نێرینەم هێشتەوە لە هەموو ئەوەی هی ئەوە!»

[٢٣]کاتێك ئەبیگایل داودی بینی، بە پەلە لە گوێدرێژەکە دابەزی و لەبەردەم داود لەسەر ڕوو کەوت، کڕنۆشی برد، [٢٤]خۆی فڕێدا بەرپێی و گوتی: «گەورەم، ئەم تاوانە با لەسەر من بێت، با کارەکەرەکەت پێت بڵێت و گوێ لە قسەکانی بگرە. [٢٥]تکایە با گەورەم دڵی خۆی بە نابالەوە خەریك نەکات، ئەو پیاوە بەدفەڕە، چونکە ناوی بە خۆیەوەیە، ناوی نابالە و گێلایەتی لەلای ئەوە. بەڵام من کارەکەری تۆم و ئەو خزمەتکارانەی تۆم نەبینی کە ناردبووتن.

[٢٦]«ئێستاش گەورەم، بە یەزدانی زیندوو و بە گیانی خۆت، یەزدان کە ڕێگای لێ گرتوویت لە خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە بە دەستی خۆت، ئێستا با دوژمنەکانت وەك نابالیان لێ بێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی داوای خراپەت بۆ دەکەن. [٢٧]ئێستاش ئەم دیارییەی کارەکەرەکەت هێناویەتی بۆ گەورەم، با بدرێتە ئەو خزمەتکارانە کە لەدوای گەورەمەوە دەڕۆن.

[٢٨]«هەروەها لە تاوانی کارەکەرەکەت خۆشبە، لەبەر ئەوە بێگومان یەزدان بنەماڵەیەکی چەسپاو بۆ گەورەکەم دروستدەکات، چونکە گەورەکەم لە پێناوی یەزدان دەجەنگێت. با بە درێژایی ژیانت خراپەت تێدا بەدی نەکرێت. [٢٩]ئەگەر پیاوێك ڕاست بێتەوە و ڕاوت بنێت و بیەوێ بتکوژێت، یەزدانی پەروەردگارت ژیانی گەورەم لەگەڵ چەپکی ژیان دەپێچێتەوە، ژیانی دوژمنانیشت لەناو لەپی بەردەقانییەوە تووڕ دەدرێن[b] . [٣٠]هەروەها کاتێك کە یەزدان هەموو ئەو چاکەیەی سەبارەت بە تۆ فەرموویەتی دەیکات، دەتکاتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل، [٣١]با ئەمە نەبێتە بارێکی گران و کۆسپ لەسەر دڵی گەورەم، کە بڵێن خوێنێکی بەخۆڕاییت ڕشتووە، هەروەها گەورەم بە دەستی خۆی تۆڵەی

[a] ١٨ پێنج پێوانە: عیبری: پێنج سەئا، نزیکەی ٣٧ لیتر.

[b] ٢٩ یان قۆچەقانییەوە بهاوێژرێت.

خۆی کردووەتەوە. جا کە یەزدان چاکەی لەگەڵ گەورەمدا کرد، کارەکەرەکەت لەبیر بێت.»

٣٢داودیش بە ئەبیگایلی گوت: «ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەوەی ئەمڕۆ تۆی ناردووە بۆ پێشوازیکردنم. ٣٣هەروەها ژیریت بەرەکەتدار بێت، بەرەکەتدار بیت کە ئەمڕۆ منت گەڕاندەوە لە خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە بە دەستی خۆم. ٣٤بە یەزدانی زیندوو، خودای ئیسرائیل، ئەوەی نەیهێشت خراپەت لەگەڵ بکەم، ئەگەر بە پەلە بەپیرمەوە نەدەهاتیت، هەتا ڕووناکی بەرەبەیان نێرێکم بۆ نابال نەدەهێشتەوە.»

٣٥ئینجا ئەوەی بۆی هێنابوو داود لە دەستی وەرگرت و پێی گوت: «بە سەلامەتی سەربکەوە بۆ ماڵەکەت و ببینە من گوێم لێ گرتیت و داواکارییەکەی تۆم بەجێهێنا.»

٣٦پاشان ئەبیگایل هاتەوە لای نابال، بینی ئەوەتا لە ماڵەکەیدا خوان ئامادەکراوە وەک خوانی پاشا، نابال دڵخۆشە و زۆر سەرخۆش بووە. ئینجا هەتا ڕووناکی بەرەبەیان، نە کەم و نە زۆر هیچ شتێکی بۆ نەگێڕایەوە. ٣٧ئەوە بوو بۆ بەیانی کاتێک سەرخۆشییەکە نابالی بەردا، ژنەکەی ئەو قسانەی بۆ گێڕایەوە، جا تووشی شۆک بوو، وەک بەردی لێ هات. ٣٨ئیتر نزیکەی دوای دە ڕۆژ یەزدان لە نابالی دا و مرد.

٣٩کاتێک داود بیستییەوە کە نابال مردووە، گوتی: «ستایش بۆ یەزدان کە لە کێشەکەم دادپەروەری بۆ کردم، لەو سووکایەتییەی لەلایەن نابالەوە پێم کرا، بەندەکەی لە خراپەکردن پاراست، یەزدان خراپەکەی نابالی بەسەر خۆیدا هێنایەوە.»

ئینجا داود ناردی و لەگەڵ ئەبیگایل قسەی کرد هەتا ببێتە ژنی. ٤٠جا خزمەتکارەکانی داود هاتنە کەرمەل بۆ لای ئەبیگایل و پێیان گوت: «داود ئێمەی بۆ لات ناردووە هەتا بتکاتە ژنی خۆی.»

٤١ئەویش هەستا و کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر زەوی، گوتی: «ئەوەتا کارەکەرەکەت کەنیزەیە بۆ شوشتنی پێی خزمەتکارەکانی گەورەم.» ٤٢بە پەلە هەستا و سواری گوێدرێژێك بوو، پێنج کچە کارەکەریش لەگەڵ پێیدا ڕۆیشتن و دوای نێردراوەکانی داود کەوت و بوو بە ژنی. ٤٣هەروەها داود پێشتر ئەحینۆعەمی یەزرەعیلی هێنابوو، جا هەردووکیان ژنی بوون. ٤٤شاولیش میخەلی کچی کە ژنی داود بوو، دابوویە پەلتیێلی کوڕی لایش کە خەڵکی گەلیم بوو.

## بۆ جاری دووەم داود، شاول دەبەخشێت

٢٦ زیفییەکان هاتنە گیڤعا بۆ لای شاول و گوتیان: «ئایا داود لە گردی حەکیلای بەرامبەر یەشیمۆن خۆی نەشاردووەتەوە؟»

٢شاولیش هەستا و دابەزی بۆ چۆڵەوانی زیف و سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی ئیسرائیلیشی لەگەڵدا بوو، بۆ ئەوەی لە چۆڵەوانی زیف بەدوای داود بگەڕێت. ٣ئینجا شاول لە گردی حەکیلا کە بەرامبەر یەشیمۆنە لەسەر ڕێگاکە چادری هەڵدا، داودیش لە چۆڵەوانییەکەدا مایەوە. کاتێک بینی وا شاول بەدوایدا هاتووە بۆ چۆڵەوانی، ٤داود چەند سووسەکەرێکی[a] نارد و بە دڵنیاییەوە زانی کە شاول هاتووە.

٥ئینجا داود هەستا و چوو بۆ ئەو شوێنەی شاول چادری لێ هەڵداوە، داود سەیری ئەو شوێنەی کرد کە شاول و ئەبنێری کوڕی نێری فەرماندەی گشتی سوپاکەی تێیدا پاڵکەوتبوون. شاول لەناو ئۆردوگاکە پاڵکەوتبوو، سوپاکەش لە چواردەوریدا دامەزرابوون.

٦ئینجا داود لە ئەحیمەلەخی حیتی و لە ئەبیشەیی کوڕی چەرویای برای یۆئابی پرسی: «کێ لەگەڵمدا دێتە خوارەوە، بۆ لای شاول بۆ ناو ئۆردوگاکە؟»

ئەبیشەیش گوتی: «من لەگەڵتدا دێمە خوارەوە.»

٧ئیتر داود و ئەبیشەی بە شەو هاتن بۆ لای سوپاکە و بینییان شاول لەناو ئۆردوگاکە پاڵکەوتووە و نوستووە، ڕمەکەشی لەلای سەرییەوە لە زەوی چەقیبوو، ئەبنێر و سوپاکەش لە چواردەوریدا

[a] ٤ کەسانێك کە لە لەشکری دوژمن دەڕوانن بۆ وەرگرتنی زانیاری.

پاڵکەوتبوون. ٨ئەبیشەی بە داودی گوت: «ئەمڕۆ خودا دوژمنەکەتی داوە بەدەستەوە، ئێستاش لێمگەڕێ با بە یەك ڕم لێدان بە زەویدا بیچەقێنم و لێی دووبارە ناکەمەوە.»

٩بەڵام داود بە ئەبیشەی گوت: «لەناوی مەبە، چونکە کێ دەستی بۆ دەستنیشانکراوی یەزدان درێژکردووە و بێتاوان بووە؟»

١٠هەروەها داود گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، یان یەزدان خۆی لێی دەدات یان ڕۆژی دێت و دەمرێت، یانیش دەچێت بۆ جەنگ و تێیدا لەناودەچێت. ١١لەلایەن یەزدانەوە لە من بەدوور بێت کە دەست بۆ دەستنیشانکراوی یەزدان درێژ بکەم. ئێستاش ڕمەکە و گۆزە ئاوەکەی لای سەری بهێنە و با بڕۆین.»

١٢ئیتر داود ڕمەکە و گۆزە ئاوەکەی لای سەری شاولی برد و ڕۆیشتن، کەس نەیبینی و نەیزانی و بەخەبەر نەهات. هەموویان نوستبوون، چونکە یەزدان ئەوانی خستبووە خەوێکی قووڵەوە.

١٣پاشان داود بۆ بەری ئەوبەر پەڕییەوە و لە دوورەوە لەسەر لووتکەی کێوێك وەستا، ماوەی نێوانیان زۆر بوو. ١٤ئینجا داود بانگی سوپاکە و ئەبنێری کوڕی نێری کرد و گوتی: «ئەبنێر وەڵام نادەیتەوە؟»

ئەبنێریش گوتی: «تۆ کێیت بانگی پاشا دەکەیت؟»

١٥داود بە ئەبنێری گوت: «ئایا تۆ پیاو نیت، کێ لە ئیسرائیلدا وەك تۆ وایە؟ ئەی بۆچی پاشای گەورەی خۆتت نەپاراست، چونکە یەکێك لە گەل هات بۆ ئەوەی پاشای گەورەت لەناو ببات. ١٦ئەوەی تۆ کردت باش نەبوو. بە یەزدانی زیندوو، ئێوە شایانی سزای مردنن، چونکە پارێزگاریتان لە گەورەکەتان نەکرد، لە دەستنیشانکراوی یەزدان. ئێستاش سەیر بکە، کوا ڕمەکەی پاشا و ئەو گۆزە ئاوەی کە لەلای سەرییەوە بوو؟»

١٧لێرەدا شاول دەنگی داودی ناسییەوە و گوتی: «داود، کوڕم، ئەوە دەنگی تۆیە؟»

داودیش گوتی: «گەورەم، پاشا، دەنگی منە.» ١٨ئینجا گوتی: «ئایا بۆچی گەورەم خزمەتکارەکەی ڕاو دەنێت، من چیم کردووە و چ خراپەیەکم هەیە؟ ١٩ئێستاش با پاشای گەورەم گوێ لە قسەی خزمەتکارەکەی بگرێت: ئەگەر یەزدان لە دژی من هانی داویت، با پێشکەشکراوم لێ وەربگرێت؛ بەڵام ئەگەر ئادەمیزادیش هانی داویت، با لەبەردەم یەزدان نەفرەت لێکراو بن. ئەمڕۆ منیان لە هاتنە ناو ڕیزی بەشە میراتی یەزدان دەرکردووە، پێم دەڵێن: ”بڕۆ خودای دیکە بپەرستە.“ ٢٠با خوێنم دوور لە ئامادەبوونی یەزدان نەکەوێتە سەر زەوی، چونکە پاشای ئیسرائیل بەدوای کێچێکدا هاتووەتە دەرەوە، وەك یەکێك لە چیاکاندا کەوێك ڕاو بکات.»

٢١شاولیش پێی گوت: «من گوناهم کرد، داود کوڕم، بگەڕێوە، ئیتر خراپەت لەگەڵ ناکەم، پاش ئەوەی ئەمڕۆ ژیانی من لەبەرچاوی تۆ بەهادار بوو، من گێلایەتیم کرد و زۆر گومڕا بووم.»

٢٢داودیش وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەوە ڕمەکەی پاشایە، با یەکێك لە خزمەتکارەکان بپەڕێتەوە و بیبات. ٢٣یەزدانیش پاداشتی هەر پیاوێك بەپێی ڕاستودروستی و دەستپاکییەکەی دەداتەوە، چونکە ئەمڕۆ یەزدان تۆی بەدەستمەوە دا، بەڵام نەمویست دەست بۆ دەستنیشانکراوی یەزدان درێژ بکەم. ٢٤وەك چۆن ئەمڕۆ ژیانت لەبەرچاوی من بەهادار بوو، با ژیانی منیش لەبەرچاوی یەزدان بەهادار بێت و لە هەموو تەنگانەیەك فریام بکەوێت.»

٢٥ئینجا شاول بە داودی گوت: «داود کوڕم، تۆ بەرەکەتداریت، چونکە تۆ کاری گەورە دەکەیت و سەردەکەویت.»

دوای ئەوە داود ڕێگای خۆی گرتەبەر، شاولیش بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە.

## نیشتەجێبوونی داود لەنێو فەلەستییەکان

٢٧ داود لە دڵی خۆیدا گوتی: «بێگومان ڕۆژێك بە دەستی شاول دەفەوتێم، لەبەر ئەوە باشترین شت بۆ من ئەوەیە هەڵبێم و خۆم دەرباز بکەم بۆ خاکی فەلەستییەکان، ئیتر شاول

نائومێد دەبێت لە گەڕان بەدوامدا لەنێو سنوورەکانی
ئیسرائیل و منیش لە دەستی دەرباز دەبم.»
٢داود هەستا و خۆی و ئەو شەش سەد پیاوەی
لەگەڵی بوون پەڕینەوە بۆ لای ئاخیشی کوڕی
ماعۆخی پاشای گەت. ٣ئیتر داود لە گەت لەلای
ئاخیش مایەوە، خۆی و پیاوەکانی، هەریەکە و
خێزانەکەی خۆی لەگەڵی بوو، داودیش لەگەڵ
هەردوو ژنەکەی، ئەحینۆعەمی یەزرەعیلی و
ئەبیگایلی کەرمەلی کە بێوەژنی نابال بوو. ٤بە شاول
ڕاگەیەنرا کە داود بۆ گەت هەڵاتووە، ئیتر ئەویش
بەدوایدا نەگەڕا.
٥داود بە ئاخیشی گوت: «ئەگەر لەبەرچاوت
جێی ڕەزامەندی تۆم، لە یەکێك لە شارۆچکە
دوورەدەستەکان شوێنێکم بدەرێ و با لەوێ
نیشتەجێ بم، بۆچی خزمەتکارەکەت لەناو پایتەخت
لەگەڵت نیشتەجێ بێت؟»
٦لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا ئاخیش چیقلەگی پێدا،
بۆیە لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆش چیقلەگ بووە بە
هی پاشاکانی یەهودا. ٧داود ساڵێك و چوار مانگ لە
خاکی فەلەستییەکان نیشتەجێ بوو.
٨لەو ماوەیەدا داود و پیاوەکانی سەردەکەوتن
و پەلاماری گەشووری و گیرزی و عەمالێقییەکانیان
دەدا، چونکە ئەمانە لە کۆنەوە دانیشتووانی خاکەکە
بوون، لەلای شوورەوە هەتا خاکی میسر. ٩هەر
کاتێك داود هێرشی دەکردە سەر هەرێمێك پیاو و
ئافرەتی بە زیندوویی نەدەهێشتەوە، مەڕ و مانگا و
گوێدرێژ و وشتر و جلوبەرگی دەبرد و دەگەڕایەوە،
دەهاتەوە لای ئاخیش.
١٠کاتێك ئاخیش پرسیاری لێ دەکرد: «ئەمڕۆ
پەلاماری کوێتان داوە؟» داودیش دەیگوت:
«نەقەبی[a] یەهودا» یان «نەقەبی یەرەحمێلییەکان»
یان «نەقەبی قێنییەکان.» ١١داود پیاو و ئافرەتی بە
زیندوویی نەدەهێشتەوە هەتا بێنە گەت، چونکە
دەیگوت: «نەوەك لە گەت ڕابگەیەنن: ”داود ئەمەی

[a] ١٠ نەقەب: چۆڵەوانی یان بیابان. لێرە مەبەست لە ناوچەکانی وشك لە باشووری پاشایەتی ئیسرائیلدا.

کردووە.“» ئەمە پیشەی ڕۆژانەی بوو لە هەموو ئەو
ماوەیەی لە خاکی فەلەستییەکان نیشتەجێ بوو.
١٢ئاخیش بڕوای بە داود دەکرد و دەیگوت: «داود
لەلای ئیسرائیلی گەلی خۆی بە تەواوی قێزەون
بووە، جا هەتاهەتایە دەبێتە بەندەم.»

## شاول و جادووگەرەکەی کانی دۆر

٢٨ ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا فەلەستییەکان
سوپاکانیان بۆ جەنگ لە دژی ئیسرائیل
کۆکردەوە، جا ئاخیش بە داودی گوت: «دڵنیابە،
خۆت و پیاوەکانت لە سوپاکەدا لەگەڵ من دەبن.»
٢داودیش بە ئاخیشی گوت: «ئینجا دەزانیت
خزمەتکارەکەت چی دەکات.»
ئاخیش بە داودی گوت: «لەبەر ئەوە بە درێژایی
ژیانت دەتکەمە پاسەوانی ژیانم.»
٣کاتێك ساموئێل مردبوو و هەموو ئیسرائیل
شیوەنیان بۆ گێڕا، لە ڕامە لە شارۆچکەکەی خۆی
ناشتیان. لەو ماوەیەدا شاول نێوانگر[b] و ڕۆح
ئامادەکارەکانی[c] لە خاکەکە دوورخستبووەوە.
٤لەو کاتەدا فەلەستییەکان کۆبوونەوە و هاتن
و لە شونێم خێوەتگایان هەڵدا، شاولیش هەموو
ئیسرائیلی کۆکردەوە و لە گلبۆع خێوەتگایان هەڵدا.
٥جا شاول کە سوپای فەلەستییەکانی بینی ترسا و
دڵی زۆر شڵەژا. ٦کاتێك شاول پرسیاری لە یەزدان
کرد، یەزدان نە بە خەون و نە بە ئوریم[d] و نە بە
پێغەمبەرەکان وەڵامی نەدایەوە. ٧لەبەر ئەوە شاول
بە خزمەتکارەکانی گوت: «بەدوای ژنێکی نێوانگردا[e]
بۆم بگەڕێن، هەتا بچمە لای و پرسیاری لێ بکەم.»
خزمەتکارەکانیشی پێیان گوت:

[b] ٣ نێوانگر: لێرەدا بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا.

[c] ٣ بەو کەسانە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکەن. بڕوانە لێڤییەکان ١٩:٣١.

[d] ٦ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە ١٢-٩:٢٣ و دەرچوون ٢٨:٣٠.

[e] ٧ بەدوای ژنێکی نێوانگر بگەڕێن: بڕوانە لێڤییەکان ٦:٢٠.

«ژنێکی نێوانگر لە کانی دۆر هەیە.»

٨ئینجا شاول دەموچاوی خۆی گۆڕی و جلێکی دیکەی لەبەرکرد، دوو پیاوی لەگەڵ خۆی برد و بە شەو چوو بۆ لای ژنەکە، پێی گوت: «تکایە بەهۆی جنۆکەوە ڕۆح ئامادەکاریم بۆ بکە، ئەو کەسەم بۆ دەربخە کە پێتی دەڵێم.»

٩بەڵام ژنەکە پێی گوت: «خۆت دەزانیت شاول چی کردووە و چۆن نێوانگر و ڕۆح ئامادەکارەکانی لە خاکەکە بڕیوەتەوە،[a] ئیتر بۆچی داو بۆ ژیانم دەنێیتەوە هەتا بکوژرێم؟»

١٠شاولیش بە یەزدان سوێندی بۆ خوارد و گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، لەم کارەدا هیچ سزایەکت نادرێتە پاڵ.»

١١جا ژنەکە گوتی: «کێت بۆ دەربخەم؟»

ئەویش گوتی: «ساموئێلم بۆ دەربخە.»

١٢کە ژنەکە ساموئێلی بینی بە دەنگێکی بەرز قیژاندی. ژنەکە بە شاولی گوت: «بۆچی هەڵتخەڵەتاندم؟ تۆ شاولیت.»

١٣پاشاش پێی گوت: «مەترسە، چیت بینی؟»

ژنەکە بە شاولی گوت: «ڕۆحێکم بینی لە زەوییەوە سەردەکەوت.»

١٤ئەویش پێی گوت: «شێوەی چۆنە؟»

ژنەکە گوتی: «پیرەمێردێکە سەردەکەوێت و کەوایەکی لەبەردایە.»

جا شاول زانی ئەوە ساموئێلە، سەری دانەواند و کڕنۆشی برد.

١٥ساموئێل بە شاولی گوت: «بۆچی ڕاتچڵەکاندم و سەرت خستم؟»

شاولیش گوتی: «زۆر لە تەنگانەدام. فەلەستییەکان لە دژم دەجەنگن و خوداش لێم جیا بووەتەوە و چیدی وەڵامم ناداتەوە، نە بەهۆی پێغەمبەرەکانەوە و نە بە خەون، منیش بانگم کردیت هەتا پێم بڵێی چی بکەم.»

١٦ساموئێلیش گوتی: «بۆچی پرسیارم لێ دەکەیت لە کاتێکدا یەزدان لێت جیا بووەتەوە و بووە بە دوژمنت؟ ١٧یەزدان ئەوەی بۆ داود کرد، کە لە ڕێگەی منەوە فەرمووی. یەزدان پاشایەتییەکەی لە دەستت هەڵتەکاند و دای بە نزیکەکەت، بە داود. ١٨وەک چۆن گوێڕایەڵی فەرمایشتی یەزدان نەبوویت و گڕی تووڕەیی ئەوت بەسەر عەمالێقییەکاندا نەباراند، لەبەر ئەوە یەزدان ئەمڕۆ ئەمەی بەسەرت هێناوە. ١٩هەروەها یەزدان، ئیسرائیلیش لەگەڵ تۆدا بە دەست فەلەستییەکانەوە دەدات، سبەینێ خۆت و کوڕەکانت لەگەڵ مندا دەبن، هەروەها یەزدان سوپای ئیسرائیلیش بەدەست فەلەستییەکانەوە دەدات.»

٢٠شاول دەستبەجێ بە درێژایی خۆی کەوتە سەر زەوی و زۆر لە قسەکانی ساموئێل ترسا. هیچ هێزی تێدا نەما، چونکە بە درێژایی ئەو شەو و ڕۆژە هیچ خواردنێکی نەخواردبوو.

٢١کاتێک ژنەکە هاتە لای شاول و بینی زۆر پەشۆکاوە، پێی گوت: «ئەوەتا کەنیزەکەت گوێڕایەڵی فەرمانت بوو و ژیانی خۆمم خستە ناو لەپی دەستمەوە و گوێم لەو قسەیەت گرت کە پێت گوتم. ٢٢ئێستا تۆش گوێ لە کەنیزەکەت بگرە، پارچەیەک نان لەبەردەمتدا دادەنێم و بیخۆ، بۆ ئەوەی هێزت تێدابێت کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیت.»

٢٣ئەویش ڕازی نەبوو، گوتی: «ناخۆم.»

بەڵام دوو خزمەتکارەکەی و ژنەکەش زۆریان لێکرد، ئەویش گوێی لێیان گرت و لەسەر زەوییەکە هەستا و لەسەر جێگاکە دانیشت.

٢٤ژنەکە جوانەگایەکی قەڵەوی لە ماڵەوە هەبوو، بە پەلە سەری بڕی و ئاردی برد و کردی بە هەویر و نانی فەتیرەی کرد. ٢٥پاشان لەبەردەم شاول و دوو خزمەتکارەکەیدا داینا و خواردیان. ئینجا هەستان و لەو شەوەدا ڕۆیشتن.

## ناردنەوەی داود بۆ چیقلەگ

٢٩ فەلەستییەکان هەموو لەشکرەکانیان لە ئەفێق کۆکردەوە، ئیسرائیلییەکانیش لەسەر ئەو کانییەی لە یەزرەعیل بوو خێوەتگایان

[a] ٩ لە خاکەکە بڕیوەتەوە: بڕوانە لێڤییەکان ٢٠:٢٧.

دامەزران. ٢ئینجا حوکمڕانە[a] فەلەستییەکان بە یەکەکانی سەدان و هەزاران تێپەڕ بوون، داود و پیاوەکانیش لە دوایانەوە لەگەڵ ئاخیش تێپەڕین. ٣جا سەرلەشکرەکانی فەلەستییەکان گوتیان: «ئەو عیبرانیانە چین؟»

ئاخیش بە سەرلەشکرە فەلەستییەکانی گوت: «ئەی ئەمە داودی پیاوی شاولی پاشای ئیسرائیل نەبوو؟ ئەوە زیاتر لە ساڵێکە لەگەڵمدایە، لەو کاتەوەی هاتووەتە پاڵمان هەتا ئەمڕۆ هیچم لێ نەبینیوە.»

٤بەڵام سەرلەشکرە فەلەستییەکان لێی تووڕە بوون و پێیان گوت: «ئەم پیاوە بگەڕێنەوە و با بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆت دیاری کردووە، لەگەڵمان دانەبەزێت بۆ جەنگ، لە کاتی شەڕ لە دژمان هەڵبگەڕێتەوە، چونکە بە چی گەورەکەی ڕازی دەکات، ئایا بە سەری ئەو پیاوانە نییە؟ ٥ئەی ئەمە ئەو داودە نییە کە ئافرەتان بەدەم سەماوە گۆرانییان بۆی دەگوت:

«”شاول هەزارانی کوشت و
داودیش دەیان هەزار.“»

٦ئینجا ئاخیش داودی بانگکرد و پێی گوت: «بە یەزدانی زیندوو، تۆ سەرڕاستیت، ئەگەر بێت و لەگەڵ من خزمەتی سەربازی بکەی، لەلام پەسەندە، چونکە لەو ڕۆژەوەی هاتوویت بۆ لام هەتا ئەمڕۆ هیچ خراپەیەکم لە تۆدا نەبینیوە، بەڵام بەلای فەرماندە فەلەستییەکانەوە پەسەند نیت. ٧ئێستا بگەڕێوە و بە سەلامەتی بڕۆ، هیچ خراپەیەک لەبەرچاوی فەرماندە فەلەستییەکاندا مەکە.»

٨ئینجا داود بە ئاخیشی گوت: «من چیم کردووە، لەو ڕۆژەوەی بۆ لات هاتووم هەتا ئەمڕۆ چیت لە خزمەتکارەکەت بینیوە، هەتا نەیەم و جەنگ لە دژی دوژمنەکانی پاشای گەورەم نەکەم؟»

٩ئاخیشیش وەڵامی دایەوە و بە داودی گوت: «من دەزانم تۆ لەلای من پەسەندیت، لەلای من وەک فریشتەی خودایت، بەڵام سەرلەشکرەکانی فەلەستییەکان گوتیان: ”نابێت لەگەڵماندا بۆ جەنگ دابەزێت.“ ١٠ئێستاش بەیانی زوو هەستە و لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەت ئەوانەی لەگەڵتدا هاتوون، لەگەڵ ڕۆشنایی بەرەبەیاندا بڕۆن.»

١١ئینجا بەیانی زوو داود و پیاوەکانی هەستان بۆ ئەوەی لە بەرەبەیان بەڕێکەون و بگەڕێنەوە خاکی فەلەستییەکان، فەلەستییەکانیش بۆ یەزرەعیل سەرکەوتن.

## ڕزگارکردنی کەسوکاری داود

٣٠ کاتێک داود و پیاوەکانی لە ڕۆژی سێیەم گەیشتنە چیقلەگ، عەمالێقییەکان پەلاماری نەقەب و چیقلەگیان دابوو. لە چیقلەگیان دابوو و ئاگریان تێبەردابوو، ٢بچووک و گەورە و ئافرەتەکانیشیان ڕاپێچ کرد، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، کەسیان نەکوشتبوو، بەڵکو دابوویانە پێش خۆیان و بە ڕێگای خۆیاندا چووبوون.

٣داود و پیاوەکانی چوونە ناو چیقلەگ، بینییان سووتێنراوە و ژن و کوڕ و کچەکانیان ڕاپێچ کراون. ٤لەبەر ئەوە داود و ئەو پیاوانەی لەگەڵی بوون دەنگیان بەرزکردەوە و گریان، هەتا ئەوەی هێزی گریانیان نەما. ٥هەردوو ژنەکەی داود ئەحینۆعەمی یەزرەعیلی و ئەبیگایلی بێوەژنەکەی نابالی کەرمەلیش ڕاپێچ کرابوون. ٦داود زۆر پەرێشان بوو، چونکە گەل گوتیان «با بەردبارانی بکەین،» هەموو گەل هەریەکە و بۆ کوڕ و کچەکانیان داخ لە دڵ بوون. بەڵام داود بۆ هێز پشتی بە یەزدانی پەروەردگاری خۆی بەست.

٧ئینجا داود بە ئەبیاتاری کاهینی کوڕی ئەحیمەلەخی گوت: «تکایە ئێفۆدەکەم بۆ بهێنە پێشەوە.» ئەبیاتاریش ئێفۆدەکەی بۆ داود هێنا. ٨داود پرسیاری لە یەزدان کرد و گوتی: «ئایا بەدوای ئەو چەتانە بکەوم؟ ئەگەر بەدوایان بکەوم پێیان دەگەم؟»

[a] ٢ بڕوانە ڕابەران ٣:٣.

ئەویش فەرمووی: «بەدوایان بکەوە، پێیان دەگەیت و ڕاپێچکراوەکانیش دەرباز دەکەیت.»

[٩]جا داود و ئەو شەش سەد پیاوەی لەگەڵی بوون بەڕێکەوتن و چوونە شیوی «بەسۆر». لەوێ چەند پیاوێک بەجێمان، [١٠]لەبەر ماندووبوونیان نەیانتوانی لە شیوی بەسۆر بپەڕنەوە، کە دوو سەد پیاو بوون. بەڵام داود لەگەڵ چوار سەد پیاو بەردەوام بوون لە ڕاونان.

[١١]لە دەشتەکە تووشی پیاوێکی میسری بوون، بردیان بۆ لای داود، نانیان پێدا و خواردی و ئاویان دەرخواردی دا. [١٢]ئینجا نانە هەنجیرێک و دوو هێشووە کشمیشیان پێدا، خواردی و ڕۆحی بەبەردا هاتەوە، چونکە سێ ڕۆژ و سێ شەو نانی نەخواردبوو و ئاوی نەخواردبووەوە.

[١٣]داود لێی پرسی: «تۆ سەر بە کێیت و لەکوێوە هاتوویت؟»

ئەویش گوتی: «من گەنجێکی میسریم و کۆیلەی پیاوێکی عەمالێقیم، گەورەکەم سێ ڕۆژ لەمەوپێش وازی لێ هێنام، چونکە نەخۆش کەوتم. [١٤]ئێمە پەلاماری نەقەبی کریتییەکان و خاکی یەهودا و نەقەبی کالێبمان دا، چیقلەگیشمان سووتاند.»

[١٥]داودیش پێی گوت: «بۆ لای ئەو چەتانە دەمبەیتە خوارەوە؟»

ئەویش گوتی: «بە خودا سوێندم بۆ بخۆ کە نامکوژیت و نامدەیتەوە دەست گەورەکەم، منیش دەتبەمە خوارەوە بۆ لای ئەو چەتانە.»

[١٦]ئینجا داودی بردە خوارەوە و بینی بەسەر ڕووی هەموو زەوییەکەدا بڵاو بوونەتەوە، دەخۆن و دەخۆنەوە و سەما دەکەن، لەبەر هەموو ئەو دەستکەوتە گەورەیەی لە خاکی فەلەستییەکان و یەهوداوە بردبوویان. [١٧]جا داود لە زەردەپەڕدا هەتا ئێوارەی ڕۆژی دواتر لێیدان و پیاوێکیان لێ دەرباز نەبوو، جگە لە چوار سەد گەنج کە سواری وشتر بوون و هەڵاتن. [١٨]داودیش هەموو ئەوەی عەمالێقییەکان بردبوویان بە دەستی هێنایەوە، داود دوو ژنەکەی خۆی دەرباز کرد، [١٩]هیچ شتێکیان لە دەست نەدا، نە بچووک و نە گەورە و نە کوڕ و نە کچ، نە دەستکەوت و نە هیچ شتێک لە هەموو ئەوەی لێیان بردرابوو، بەڵکو داود هەمووی گەڕاندەوە. [٢٠]هەروەها داود هەموو گاوگۆتاڵەکانی برد و لەپێش ئاژەڵە ماڵییەکانی دیکەوە لێیانخوڕین و گوتیان: «ئەمە دەستکەوتی داودە.»

[٢١]ئینجا داود هات بۆ لای ئەو دوو سەد پیاوەی کە لە ڕۆیشتن بەدوای داودەوە ماندوو بوون و لە شیوی بەسۆردا بەجێهێڵران، ئەوانیش بۆ پێشوازیکردن لە داود و ئەو خەڵکەی لەگەڵیدا بوون هاتنە دەرەوە، داود لە خەڵکەکە چووە پێشەوە و سڵاوی لێکردن. [٢٢]بەڵام پیاوە خراپ و بەدکارەکان لەنێو ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ داود چووبوون وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «لەبەر ئەوەی ئەوان لەگەڵمان نەهاتن، لەو دەستکەوتە بەشیان نادەین کە بەدەستمان هێناوە، با هەر پیاوە ژن و منداڵی خۆی ببات و بڕوات.»

[٢٣]داود گوتی: «براکانم ئەمە مەکەن، چونکە یەزدان پێیداین و ئێمەی پاراست، ئەو چەتانەی دایە دەستمان کە هاتنە سەرمان. [٢٤]لەم شتەدا کێ گوێتان پێدەدات؟ بەشی ئەوەی لەلای کەلوپەلەکان ماوەتەوە دەبێت وەک بەشی ئەوە بێت کە دابەزیوە بۆ جەنگ، وەک یەک بەشیان بەردەکەوێت.» [٢٥]ئەوە بوو لەو ڕۆژە بەدواوە و هەتا ئەمڕۆ داود ئەمەی کرد بە فەرز و حوکم بۆ ئیسرائیل.

[٢٦]کاتێک داود هاتە چیقلەگ، هەندێک لە دەستکەوتەکەی نارد بۆ پیرانی یەهودا بۆ هاوڕێیەکانی، گوتی: «ئەمە دیارییە بۆ ئێوە لە دەستکەوتی دوژمنەکانی یەزدان.»

[٢٧]ناردی بۆ ئەوانەی لە بێتئێل و ڕامۆتی نەقەب و یەتیر، [٢٨]بۆ ئەوانەی لە عەرۆعێر و سیفمۆت و ئەشتەمۆع، [٢٩]بۆ ئەوانەی لە ڕاخال و شارۆچکەکانی یەرەحمێلییەکان و شارۆچکەکانی قێنییەکان، [٣٠]هەروەها بۆ ئەوانەی لە حۆرما و بۆر عاشان و عەتاک، [٣١]بۆ ئەوانەی لە حەبرۆن و هەموو ئەو شوێنانەی لەوێدا داود خۆی و پیاوەکانی هاتوچۆیان کردووە.

## خۆکوشتنی شاول

٣١ فەلەستییەکان لە دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوانی ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکان هەڵاتن، ژمارەیەکی زۆریان بە کوژراوی لە کێوی گلبۆع کەوتن. [٢]فەلەستییەکان بە گوڕەوە دوای شاول و کوڕەکانی کەوتن، یۆناتان و ئەبیناداب و مەلکیشوەعی کوڕەکانی شاولیان کوشت. [٣]جەنگەکە لەسەر شاول توندتر بوو، تیرهاوێژەکان دۆزییانەوە و بە سەختی پێکایان.

[٤]شاول بە هەڵگری تفاقەکانی گوت: «شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، نەوەک ئەو خەتەنە نەکراوانە بێن و بمکوژن و سووکایەتیم پێ بکەن.»

بەڵام هەڵگری تفاقەکانی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. جا شاول شمشێرەکەی برد و خۆی بەسەریدا دا. [٥]کاتێک هەڵگری تفاقەکانی بینی شاول مردووە، ئەویش خۆی بەسەر شمشێرەکەیدا دا و لەگەڵ ئەو مرد. [٦]لەو ڕۆژەدا شاول و هەر سێ کوڕەکەی و هەڵگری تفاقەکانی و هەموو پیاوەکانی پێکەوە مردن.

[٧]کاتێک ئەو ئیسرائیلییانەی کە لەوبەری دۆڵەکە و لەوبەری ڕووباری ئوردون بوون، بینییان کە سوپای ئیسرائیل هەڵاتوون و شاول و کوڕەکانی مردوون، شارۆچکەکانیان بەجێهێشت و هەڵاتن، فەلەستییەکانیش هاتن و تێیاندا نیشتەجێ بوون.

[٨]بۆ ڕۆژی دوای ئەوە کاتێک فەلەستییەکان بۆ تاڵانکردنی کوژراوەکان هاتن، شاول و سێ کوڕەکەی ئەویان دۆزییەوە، لە کێوی گلبۆع کەوتبوون. [٩]ئینجا سەری شاولیان بڕی و زرێیەکەیان لێی داماڵی، بە هەموو لایەکدا نێردراویان بۆ خاکی فەلەستییەکان نارد، تاوەکو مژدە بدەنە پەرستگای بتەکانیان و گەلەکەیان. [١٠]ئینجا زرێیەکەیان لە پەرستگای عەشتۆرەتەکاندا دانا و لاشەکەیان بە دیواری بێتشانەوە هەڵواسی.

[١١]کاتێک دانیشتووانی یابێش گلعاد ئەو شتانەیان بیستەوە کە فەلەستییەکان بە شاولیان کردبوو، [١٢]هەموو پیاوە دلێرەکانیان هەستان و بە درێژایی ئەو شەوە بە ڕێگادا ڕۆیشتن، لاشەکەی شاول و لاشەی کوڕەکانیان لە دیواری بێتشانەوە برد و هێنایانە یابێش، لەوێ سووتاندیان و [١٣]ئێسکەکانیان برد و لەژێر دار گەزەکەدا لە یابێش ناشتیان. حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بوون.

# دووەم ساموئێل

**کورتە باسێك**

**تەنانەت باشترین ڕابەری مرۆڤانە دەکەوێت، بەڵام خودا دڵسۆزە بۆ خەڵکەکەی و بەڵێنی بە پاشاکەی داوە کە بەهێز و دانا و ڕاستودروست و دڵسۆزی دەکات.**

ئەم پەڕتووکە ڕووداوەکانی نزیکەی چل ساڵ باس دەکات لە فەرمانڕەوایەتی داود پاشا کە لە تاج لەسەرنانی دەستپێدەکات و دواتر دێتە سەر باسی چەسپاندنی داود بەرامبەر ئەوانەی داوای تەختەکەی ئەویان دەکرد. داود ئۆرشەلیمی کردە پایتەختی شانشینەکە و سندوقی پەیمانی پیرۆزی بۆ ئەوێ گواستەوە، توانی دوژمنەکانی ملکەچ بکات و بە درێژایی تەمەنی بەڕێوەیان ببات. سەرگوزەشتەی ژیانی داود بەدەر نەبوو لە ڕووداوی ترسناك کە خەریکبوو تەختی داود لەق بکات، لەنێو ئەوانەشدا ئەبشالۆمی کوڕی لێی هەستایەوە، هەروەها هەندێك کێشە خێزانییە تایبەتەکانی وەك گوناهی داوێنپیسی کە لەگەڵ بەتشەبەعی ژنی ئوریای حیتی ئەنجامی دا. باسکردنی ئەو ڕووداوانە هەتا ڕادەیەك بە وردەکارییەوە لەم پەڕتووکەدا هاتووە، پەڕتووکەکە بە پوختەی چەند ساڵی کۆتایی ژیانی داود کۆتایی هاتووە.

ئەم تۆمارە مێژووییە وێنەیەکی زیندووی ژیانی داودمان پیشان دەدات کە لە خراپە و چاکە پێکهاتووە. گوناهەکانی داود جگە لە کەموکوڕی مرۆڤانە و پشتبەستن بە مرۆڤ شتێکی دیکە نەبوو. لە ڕوویەکی دیکەوە تۆماری سەرکەوتنە گەورەکانە کە داود لە بەرامبەر دوژمنەکانی بەدەستیهێنا، بەمە توانای لە ڕادەبەدەری خودا دەرکەوت، هەروەها ئەوەی دەکرێ خودا لە ژیانی مرۆڤدا بیکات ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی پشت بە خودا ببەستێت. سەرباری ئەوەی داود گوناهبار بوو خودا بەکاریهێنا، چونکە بینی داود ئامادەیە تۆبە بکات و دەست بە ژیانێکی نوێ بکات، هەرچەندێك لایدابێت.

## گەیشتنی هەواڵی مردنی شاول

١ ئەوە بوو پاش مردنی شاول و گەڕانەوەی داود
لە لێدانی عەمالێقییەکان، داود دوو ڕۆژ لە
چیقلەگ مایەوە. ٢ لە ڕۆژی سێیەمدا بینی گەنجێك
لە ئۆردوگاکەی شاولەوە بە جلی دڕاو و سەری
تۆزاوییەوە هات، کاتێك گەیشتە لای داود کەوتە
سەر زەوی و کڕنۆشی برد.
٣ داود لێی پرسی: «لەکوێوە هاتوویت؟»
ئەویش وەڵامی دایەوە: «لە ئۆردوگای ئیسرائیلەوە
دەرباز بووم.»
٤ داودیش پێی گوت: «ڕووداوەکە چۆن بوو؟ تکایە
پێم ڕابگەیەنە.»
ئەویش گوتی:[a] «جەنگاوەران لە جەنگەکەدا
هەڵاتن، زۆربەی جەنگاوەران کەوتن و مردن، شاول
و یۆناتانی کوڕیشی مردن.»
٥ داودیش بەو گەنجەی گوت کە هەواڵەکەی پێی
ڕاگەیاندبوو: «چۆن زانیت شاول و یۆناتانی کوڕی
مردوون؟»
٦ گەنجەکەش پێی گوت: «وا ڕێککەوت من لە
کێوی گلبۆع بووم، بینیم شاول بەسەر ڕمەکەیدا
دەچەمایەوە، گالیسکە و سوارەکانیش بە توندی
بەدوایەوە بوون. ٧ ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە و منی
بینی، بانگی کردم، منیش گوتم: ”ئەوەتام.“
٨ «لێی پرسیم: ”تۆ کێیت؟“
«منیش وەڵامم دایەوە: ”من عەمالێقیم.“
٩ «ئینجا پێی گوتم: ”تکایە، وەرە سەرم و بمکوژە!
لە سەرەمەرگدام، بەڵام هێشتا ژیانم تێدا ماوە.“
١٠ «منیش چوومە سەری و کوشتم، چونکە زانیم
پاش کەوتنەکەی ناژیێت، ئیتر تاجەکەی سەر سەری

---

[a] ٤ ئەو گەنجە هەواڵەکەی شێواندووە، بۆ ڕاستی ڕووداوەکە بڕوانە یەکەم ساموئێل بەشی ٣١.

و بازنەکەی کە بە قۆڵییەوە بوو بردم و ئەوانەم بۆ
لای گەورەم هێناوە.»
[١١]داود جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی، بە هەمان
شێوە هەموو ئەو پیاوانەی کە لەگەڵی بوون.
[١٢]لاوانەوە و گریان، هەتا ئێوارە بەڕۆژوو بوون، بۆ
شاول و یۆناتانی کوڕی و هەموو سوپای یەزدان و
بنەماڵەی ئیسرائیل، چونکە بە شمشێر کەوتن.
[١٣]ئیتر داود بە گەنجەکەی گوت: «تۆ خەڵکی
کوێیت؟»

ئەویش گوتی: «من کوڕی پیاوێکی عەمالێقی
نامۆم.»

[١٤]داودیش پێی گوت: «چۆن سڵت نەکردەوە
لەوەی دەستت درێژ بکەیت هەتا دەستنیشانکراوی
یەزدان لەناو ببەیت؟»

[١٥]ئینجا داود یەکێك لە خزمەتکارەکانی بانگکرد
و گوتی: «وەرە پێشەوە و بیکوژە!» ئەویش لێیدا و
مرد. [١٦]لەبەر ئەوەی داود پێی گوتبوو: «خوێنی خۆت
لە ملی خۆتە، چونکە دەمت شایەتی لەسەر دایت
و گوتت: ”من دەستنیشانکراوی یەزدانم کوشت.“»

## لاواندنەوەی داود بۆ شاول و یۆناتان

[١٧]داود بەم لاوانەوەیە بۆ شاول و یۆناتانی کوڕی
لاواندییەوە و [١٨]فەرمانی دا کە نەوەی یەهودا ئەم
لاواندنەوەیەی کەوان فێر بن. ئەوە لە پەڕتووکی
یاشاردا[a] نووسراوە:

[١٩]«ئەی ئیسرائیل! ئای چۆن قارەمانان کەوتن!
شکۆمەندییەکەت لەسەر بەرزاییەکانت
کوژراوە.

[٢٠]«لە گەت ڕایمەگەیەنن،
لە شەقامەکانی ئەسقەلان مژدە مەدەن،
نەوەك کچانی فەلەستییەکان دڵخۆش بن،
نەوەك کچانی خەتەنە نەکراوان پێمان خۆش
بن.

[٢١]«ئەی چیاکانی گلبۆع،
با شەونم و بارانتان بەسەرەوە نەبێت،
نە کێڵگەکانت پێشکەشکراوی دانەوێڵە،
چونکە لەوێ قەڵغانی پاڵەوانان گڵاو بووە،
قەڵغانەکەی شاول، بێ چەورکردنی بە ڕۆن.

[٢٢]«لە خوێنی کوژراوان و
لە جەستەی پاڵەوانان
کەوانەکەی یۆناتان نەگەڕایەوە دواوە و
شمشێرەکەی شاولیش بە بەتاڵی نەگەڕایەوە.
[٢٣]شاول و یۆناتان،
لە ژیانیاندا خۆشەویست و شیرین بوون،
لە مەرگیشدا لە یەکتر جیا نەبوونەوە.
لە هەڵۆ تیژڕەوتر و
لە شێر بەهێزتر بوون.

[٢٤]«ئەی کچانی ئیسرائیل،
بۆ شاول بگریێن،
ئەوەی بەرگی سوور و نەرمی لەبەرکردن،
ئەوەی خشڵی زێڕی بە کراسەکانتانەوە کرد.

[٢٥]«ئای چۆن قارەمانان لەناو جەرگەی جەنگدا
کەوتن!
یۆناتان لەسەر بەرزاییەکانتدا کوژرا.
[٢٦]یۆناتانی برام، دڵم بۆت گوشرا،
زۆر شیرین بوویت لەلام،
خۆشەویستی تۆ بۆ من
لە خۆشەویستی خانمان سەیرتر بوو.

[٢٧]«ئای چۆن قارەمانان کەوتن!
چەکەکانی جەنگ لەناوچوون!»

## دەستنیشانکردنی داود وەك پاشای یەهودا

٢ ئەوە بوو پاش ئەمە، داود لە یەزدانی
پرسی و گوتی: «سەربکەوم بۆ یەکێك لە
شارۆچکەکانی یەهودا؟»

یەزدانیش پێی فەرموو: «سەربکەوە.»
داودیش گوتی: «بۆ کوێ سەربکەوم؟»
ئەویش فەرمووی: «بۆ حەبرۆن.»

[a] ١٨ پەڕتووکی یاشار: بڕوانە یەشوع ١٠:١٣.

٢ئینجا داود بۆ ئەوێ سەرکەوت، خۆی و هەردوو
ژنەکەی، ئەحینۆعەمی یەزرەعیلی و ئەبیگایل
کە بێوەژنی نابالی کەرمەلی بوو. ٣هەروەها داود
ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون هەریەکە و لەگەڵ
خێزانەکەی برد و لە شاری حەبرۆن و شارۆچکەکانی
نیشتەجێ بوون. ٤پاشان پیاوانی یەهودا هاتن و لەوێ
داودیان بە پاشای بنەماڵەی یەهودا دەستنیشان کرد.
کاتێك بە داود ڕاگەیەنرا و گوترا کە پیاوانی یابێش
گلعاد شاولیان ناشتووە، ٥داودیش چەند نێردراوێکی
بۆ لای پیاوانی یابێش گلعاد نارد بۆ ئەوەی پێیان
بڵێن: «با یەزدان بەرەکەتدارتان بکات، کە ئەم
چاکەیەتان لەگەڵ گەورەتان، لەگەڵ شاولدا کردووە و
ناشتووتانە. ٦ئێستاش با یەزدان خۆشەویستی نەگۆڕ
و دڵسۆزیتان پیشان بدات، هەروەها منیش ئەم
چاکەیەتان لەگەڵدا دەکەم، چونکە ئێوە ئەم کارەتان
کرد. ٧ئێستاش بازووتان بەهێز بکەن و ئازابن، چونکە
شاولی گەورەتان مردووە و بنەماڵەی یەهودا منیان
بە پاشای خۆیان دەستنیشان کردووە.»

## جەنگی نێوان بنەماڵەکانی داود و شاول

٨لەو کاتەدا ئەبنێری کوڕی نێری فەرماندەی
گشتی سوپاکەی شاول، ئیشبۆشەتی کوڕی شاولی
بردبوو و پەڕاندبوویەوە بۆ مەحەنەیم و ٩کردبووی
بە پاشای گلعاد و ئەشوری[a] و یەزرەعیل و ئەفرایم و
بنیامین و هەموو ئیسرائیل.
١٠ئیشبۆشەتی کوڕی شاول تەمەنی چل ساڵ بوو
کاتێك بوو بە پاشای ئیسرائیل، دوو ساڵ پاشایەتی
کرد، تەنها بنەماڵەی یەهودا دوای داود کەوتن. ١١ئەو
ماوەیەش کە داود تێیدا لە حەبرۆن پاشایەتی کرد
لەسەر بنەماڵەی یەهودا، حەوت ساڵ و شەش مانگ
بوو. ١٢ئەبنێری کوڕی نێر و پیاوانی ئیشبۆشەتی
کوڕی شاول لە مەحەنەیمەوە ڕۆیشتن و چوون بۆ
گبعۆن. ١٣هەروەها یۆئابی کوڕی چەرویا و پیاوانی
داودیش چوونە دەرەوە و لەلای گۆمەکەی گبعۆن
بەیەکگەیشتن، جا ئەمان لەسەر گۆمەکە لەم لا و
ئەوانیش لەسەر گۆمەکە لەو لا دانیشتن. ١٤ئینجا
ئەبنێر بە یۆئابی گوت: «با هەندێك لە گەنجەکان
هەستن و لەبەردەمماندا دەستەویەخە بەرەنگاری
یەکتری ببنەوە.»
یۆئابیش گوتی: «با هەستن.»
١٥جا هەستان بە هەڵبژاردنی دوازدە پیاو بۆ
بنیامین و ئیشبۆشەتی کوڕی شاول و دوازدە پیاویش
بۆ داود. ١٦ئینجا هەریەکە و سەری بەرامبەرەکەی
خۆی گرت و شمشێرەکەی کرد بە قەبرغەی دا و
هەموویان کوژران. لەبەر ئەوە ئەو شوێنە لە گبعۆن
بە حەلقەت هەچوڕیم[b] ناونرا.
١٧جا لەو ڕۆژەدا شەڕەکە زۆر توند بوو، ئەبنێر و
پیاوانی ئیسرائیل لە بەرامبەر پیاوانی داود تێکشکان.
١٨هەر سێ کوڕەکەی چەرویاش، یۆئاب و
ئەبیشەی و عەساهێل لەوێ بوون. عەساهێلیش
پێیەکانی سووك بوون وەك مامزی کێوی. ١٩جا
عەساهێل دوای ئەبنێر کەوت و لە ڕاوانی ئەبنێردا
نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا لاینەدا و
٢٠ئەبنێریش ئاوڕی لە دواوە دایەوە و گوتی: «ئەمە
تۆی، عەساهێل؟»
ئەویش گوتی: «منم.»
٢١ئەبنێریش پێی گوت: «بەلای ڕاست یان چەپدا
لابدە و یەکێك لە گەنجەکان بگرە و بۆ خۆت تاڵانی
بکە.» بەڵام عەساهێل نەیویست وازی لێ بهێنێت.
٢٢دیسان ئەبنێر بە عەساهێلی گوت: «بەدوای
منەوە مەبە، بۆچی لەگەڵ زەوی تەختت بکەم؟
پاشان چۆن ڕووم بێت لەلای یۆئابی برات سەر بەرز
بکەمەوە؟»
٢٣بەڵام عەساهێل قایل نەبوو وازی لێ بهێنێت،
لەبەر ئەوە ئەبنێر لێیدا و ڕمەکەی کرد بە سکیدا
و ڕمەکە لە پشتییەوە دەرچوو. جا لەوێدا کەوت و
لە شوێنی خۆیدا مرد، بۆیە هەرکەسێك دەهاتە ئەو
شوێنەی کە عەساهێل تێیدا کەوت و مرد، ڕادەوەستا.
٢٤بەڵام یۆئاب و ئەبیشەی دوای ئەبنێر کەوتن
و خۆرئاوا بوو کاتێك گەیشتنە گردی ئەمما ئەوەی

[a] ٩ لەوانەیە مەبەستی لە هۆزی ئاشێر بێت.

[b] ١٦ حەلقەت هەچوڕیم: واتە کێڵگەی شمشێرە تیژەکان.

نزیکی گیبەحە لەسەر ڕێگای چۆڵەوانی گبعۆن. [٢٥]جا نەوەی بنیامین لەدوای ئەبنێر کۆبوونەوە و بوون بە یەك کۆمەڵ و لەسەر گردێك ڕاوەستان.

[٢٦]ئەبنێر هاواری لە یۆئاب کرد و گوتی: «ئایا هەتاهەتایە شمشێر خوێن دەڕێژێت؟ ئایا نازانیت کۆتاییەکەی تاڵ دەبێت؟ هەتا کەی بە جەنگاوەران ناڵێیت: ”واز لە ڕاوانی براکانتان بهێنن“؟»

[٢٧]یۆئابیش گوتی: «بە خودای زیندوو، ئەگەر قسەت نەدەکرد، هەتا بەیانی هیچ پیاوێك وازی لە ڕاوانی براکەی نەدەهێنا.»

[٢٨]پاشان یۆئاب فووی بە کەڕەنادا کرد و هەموو جەنگاوەران ڕاوەستان، ئیتر دوای ئیسرائیل نەکەوتن و نەگەڕانەوە بۆ جەنگ.

[٢٩]ئینجا ئەبنێر و پیاوەکانی بە درێژایی ئەو شەوە بەناو عەراڤادا[a] ڕۆیشتن و لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە و بەناو بیترۆندا ڕۆیشتن و هاتن بۆ مەحەنەیم.

[٣٠]یۆئابیش لە ڕاوانی ئەبنێر گەڕایەوە و هەموو جەنگاوەرانی کۆکردەوە. بێجگە عەساهێل نۆزدە پیاو لە خزمەتکارەکانی داود ون بوون، [٣١]بەڵام پیاوەکانی داود لەو بنیامینییانەی کە لەگەڵ ئەبنێر بوون سێ سەد و شەست کەسیان لێ کوشتبوون. [٣٢]ئینجا عەساهێلیان هەڵگرت و لە گۆڕەکەی باوکی کە لە بێت‌لەحمە ناشتیان و یۆئاب و پیاوەکانیشی بە درێژایی ئەو شەوە ڕۆیشتن و لە بەرەبەیان گەیشتنە حەبرۆن.

٣ جەنگ لەنێوان بنەماڵەی شاول و ماڵی داود درێژەی کێشا، هەتا دەهات داود بەهێزتر دەبوو، بنەماڵەی شاولیش هەتا دەهات لاوازتر دەبوون.

[٢]داود لە حەبرۆن چەند کوڕێکی بوو:
کوڕە نۆبەرەکەی ئەمنۆن بوو کە لە ئەحینۆعەمی یەزرەعیلی بوو؛
[٣]دووەمیان کیلئیاڤ لە ئەبیگایل بوو کە بێوەژنەکەی نابالی کەرمەلی بوو؛
سێیەمیان ئەبشالۆمی[b] کوڕی مەعکای کچی تەلمەی پاشای گەشوور بوو؛
[٤]چوارەمیان ئەدۆنیای کوڕی حەگیس بوو؛
پێنجەمیان شەفەتیای کوڕی ئەبیتەل بوو؛
[٥]شەشەمیان یەترعام لە عەگلای ژنی داود بوو.
ئەمانە لە حەبرۆن بۆ داود لەدایك بوون.

## ئەبنێر دەچێتە پاڵ داود

[٦]ئەوە بوو کاتێك جەنگ لەنێوان بنەماڵەی شاول و ماڵی داود بەرپا بوو، ئەبنێر پێگەی خۆی لەناو بنەماڵەی شاول بەهێز دەکرد، [٧]شاول کەنیزەیەکی هەبوو ناوی ڕیچپای کچی ئەییا بوو، ئیشبۆشەتیش بە ئەبنێری گوت: «بۆچی لەگەڵ کەنیزەکەی باوکم جووتبوویت؟»

[٨]ئەبنێر بە قسەکەی ئیشبۆشەت زۆر تووڕە بوو و گوتی: «ئایا من سەری سەگم، دەستی یەهودام؟ هەتا ئەمڕۆ من دڵسۆز بووم لەگەڵ ماڵی شاولی باوکت و لەگەڵ براکانی و هاوڕێیەکانی، هەروەها تۆم نەداوەتە دەست داودەوە. تۆش بەهۆی پەیوەندیم بەو ژنەوە گومانم لێدەکەیت؟ [٩]با خودا توندترین سزای ئەبنێر بدات، ئەگەر من پاڵپشتی داود نەکەم و سوێندەکەی یەزدان نەهێنمە دی، [١٠]بۆ گواستنەوەی پاشایەتییەکە لە بنەماڵەی شاولەوە، هەروەها دامەزراندنی تەختی داود لە ئیسرائیل و یەهودا، لە دانەوە هەتا بیری شابەع[c].» [١١]ئیتر ئیشبۆشەتیش نەیتوانی بە یەك وشە وەڵامی ئەبنێر بداتەوە، چونکە لێی دەترسا.

[١٢]ئینجا ئەبنێر نێردراوی بۆ لای داود نارد بۆ ئەوەی بە ناوی ئەوەوە بڵێن: «ئەم خاکە هی کێیە؟» هەروەها بڵێن: «پەیمانی خۆتم لەگەڵدا ببەستە،

---

[a] ٢٩ شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

[b] ٣ ئەبشالۆم: ناوێکی عیبرییە بە واتای باوکی ئاشتی، بەڵام ناکۆکی لەگەڵ داودی باوکی هەبوو و سەرکردایەتی یاخیبوونێکی کرد لە دژی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشەکانی ١٣–١٨ و زەبوورەکان ٣.

[c] ١٠ واتە لە باکووری ئیسرائیل هەتا باشوور.

ئەوەتا منیش دەستم لەگەڵتدایە بۆ ئەوەی هەموو ئیسرائیل بۆ خۆت بگەڕێنیتەوە.»

[١٣]داودیش گوتی: «باشە، من پەیمانی خۆمت لەگەڵدا دەبەستم، بەڵام یەك شتت لێ داوا دەکەم، ئەویش ئەوەیە، ڕووی من نابینیت، ئەگەر یەکەم جار میخەلی کچی شاول لەگەڵ خۆتدا نەهێنیت، کاتێك دێیت بۆ ئەوەی بمبینیت.» [١٤]ئینجا داود نێردراوی بۆ لای ئیشبۆشەتی کوڕی شاول نارد و گوتی: «میخەلی ژنم بدەوە کە بە سەد پێستی سەری ئەندامی نێرینەی فەلەستییەکان لە خۆمم مارە کردووە.»

[١٥]لەبەر ئەوە ئیشبۆشەت ناردی و لە مێردەکەی وەریگرتەوە، لە پەلتیێلی کوڕی لایش. [١٦]مێردەکەی لەگەڵی دەڕۆیشت و بەدوایدا دەگریا هەتا گەیشتە بەحوریم. ئینجا ئەبنێر پێی گوت: «بڕۆ، بگەڕێوە!» ئەویش گەڕایەوە.

[١٧]پاشان ئەبنێر لەگەڵ پیرانی ئیسرائیل قسەی کرد و گوتی: «ئێوە لەمێژە داوای داودتان دەکرد ببێتە پاشاتان، [١٨]کەواتە ئێستا ئەوە بکەن! چونکە یەزدان بە داودی فەرمووە: ”من بە دەستی داودی بەندەم ئیسرائیلی گەلم لە دەست فەلەستییەکان و سەرجەم دوژمنەکانیان ڕزگار دەکەم.“»

[١٩]هەروەها ئەبنێر لەگەڵ بنیامینییەکان قسەی کرد. پاشان ئەبنێر چوو بۆ ئەوەی لە حەبرۆن لەگەڵ داود قسە بکات دەربارەی هەموو ئەوەی ئیسرائیل و هەموو بنەماڵەی بنیامین پەسەندیان کردووە. [٢٠]کاتێك ئەبنێر لەگەڵ بیست پیاو هاتە حەبرۆن بۆ لای داود، داود خوانێکی ساز کرد بۆ ئەبنێر و ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون. [٢١]ئەبنێر بە داودی گوت: «هەڵدەستم و دەڕۆم، هەتاوەکو هەموو ئیسرائیل بۆ پاشای گەورەم کۆبکەمەوە، بۆ ئەوەی پەیمانت لەگەڵدا ببەستن و تۆش بەپێی هەموو ئەوانەی کە دڵت ئارەزووی دەکات فەرمانڕەوایی بکەیت.» داودیش ئەبنێری بەڕێکرد و ئەویش بە سەلامەتی ڕۆیشت.

## کوشتنی ئەبنێر لەلایەن یۆئابەوە

[٢٢]لەو کاتەدا یۆئاب و پیاوانی داود لە پەلامارێك دەگەڕانەوە و دەستکەوتێکی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. بەڵام ئەبنێر لە حەبرۆن لەگەڵ داود نەبوو، چونکە بەڕێی کردبوو و بە سەلامەتی ڕۆیشتبوو. [٢٣]کاتێك یۆئاب و هەموو ئەو لەشکرەی لەگەڵی بوو هاتن، بە یۆئابیان ڕاگەیاند و گوتیان: «ئەبنێری کوڕی نێر هات بۆ لای پاشا و ئەویش بەڕێی کرد و بە سەلامەتی ڕۆیشت.»

[٢٤]لەبەر ئەوە یۆئاب بۆ لای پاشا چووە ژوورەوە و گوتی: «چیت کرد؟ ئەبنێر هات بۆ لات، بۆچی بەڕێت کرد بڕوات؟ ئێستا ڕۆیشتووە! [٢٥]تۆ دەزانیت کە ئەبنێری کوڕی نێر تەنها بۆ ئەوە هاتووە فریوت بدات، بە هاتوچۆکردنت بزانێت، هەموو ئەو شتانە بزانێت کە دەیکەیت.»

[٢٦]کاتێك یۆئاب داودی بەجێهێشت، چەند نێردراوێکی بەدوای ئەبنێردا نارد و لە ئەمباراوی سیرادا گەڕاندیانەوە، بەڵام داود ئاگای لەمە نەبوو. [٢٧]کاتێك ئەبنێر گەڕایەوە حەبرۆن، یۆئاب بۆ ئەوەی بە نهێنی قسەی لەگەڵدا بکات بردییە کەناری دەروازەکەوە و لەوێدا لە تۆڵەی خوێنی عەساهێلی برای سکی هەڵدڕی و کوشتی.

[٢٨]پاشان داود ئەمەی بیستەوە و گوتی: «من خۆم و پاشایەتییەکەم هەتاهەتایە لای یەزدان لە خوێنی ئەبنێری کوڕی نێر بێبەرین. [٢٩]با لە ملی یۆئاب و هەموو ماڵی باوکی بێت! با لە ماڵی یۆئاب زامی درێژخایەن و گەڕوگولی[a] و دارشەقە بەدەست و بە شمشێر کوژراو و برسی نان نەبڕێتەوە.»

[٣٠]یۆئاب و ئەبیشەی برای ئەبنێریان کوشت، چونکە ئەو عەساهێلی برایانی لە گبعۆن لە جەنگدا کوشت.

[٣١]ئینجا داود بە یۆئاب و هەموو گەل و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، پێی گوتن: «جلەکانتان لەبەر خۆتان

[a] ٢٩ گەڕوگول: نەك تەنها گولی، بەڵام ئەم وشەیە بۆ چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست بەکاردەهێنرا.

دابدڕن و جلوبەرگی گوش[a] بپۆشن و لەبەردەم
ئەبنێردا شیوەن بگێڕن.» داودی پاشاش لەدوای
دارەمەیتەکە[b] دەڕۆیشت. ٣٢ئەبنێریان لە حەبرۆن
ناشت. پاشا بە گریانەوە لەسەر گۆڕی ئەبنێر دەنگی
بەرزکردەوە، هەموو گەل گریان.
٣٣هەروەها پاشا بۆ ئەبنێر لاواندییەوە و گوتی:

«ئایا دەبێت وەك مردنی گێلێك ئەبنێر بمرێت؟
٣٤ دەستەکانت نەبەسترابوونەوە و
پێیەکانت بە زنجیر کۆت نەکرابوون.
کەوتی، هەروەك یەکێك لەبەردەم بەدکاران
کەوتبێت.»

جا هەموو گەل دەستیان بە گریان کردەوە بۆی.
٣٥ئیتر هەموو گەل هاتن بۆ ئەوەی نان بدەنە
داود و بیخوات. هێشتا ڕۆژ بوو، بەڵام داود سوێندی
خوارد: «با خودا توندترین سزام بدات، ئەگەر پێش
خۆرئاوابوون نان یان هەر شتێکی دیکە بخۆم.»
٣٦هەموو گەل زانییان و لەلایان پەسەند بوو،
هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە پاشا کردی لەلایەن
هەموو گەلەوە پەسەند بوو. ٣٧ئینجا لەو ڕۆژەدا
هەموو گەل و هەموو ئیسرائیل زانییان کە کوشتنی
ئەبنێری کوڕی نێر لەلایەن پاشاوە نەبوو.
٣٨پاشا بە خزمەتکارەکانی گوت: «ئایا نازانن ئەمڕۆ
لە ئیسرائیلدا میرێك و گەورە پیاوێك کەوتووە؟
٣٩منیش ئەمڕۆ لاوازم، هەرچەندە دەستنیشانکراوم
بە پاشا، ئەو پیاوانەش، هەروەها ئەم کوڕانەی
چەرویا لە من بەهێزترن. یەزدان خراپەکار بەپێی
خراپەکەی سزا دەدات!»

## کوشتنی ئیشبۆشەت

٤ کاتێك ئیشبۆشەتی کوڕی شاول بیستییەوە کە
ئەبنێر لە حەبرۆن کوژراوە، دەستی شل بوو
و هەموو ئیسرائیل ترسیان لێ نیشت. ٢کوڕەکەی
شاول دوو پیاوی هەبوو کە سەردەستەی چەتەکان
بوون، یەکێکیان ناوی بەعەنا و ئەوی دیکەیان ناوی
ڕێکاب بوو، هەردووکیان کوڕی ڕیمۆنی بئێرۆتی
بوون کە لە نەوەی بنیامین بوو. بئێرۆت لەسەر
بنیامین دادەنرێت، ٣چونکە بئێرۆتییەکان بۆ گیتەیم
هەڵاتبوون و ئاوارەی ئەوێ بوون، هەتا ئەمڕۆ
لەوێن.
٤یۆناتانی کوڕی شاولیش کوڕێکی هەبوو کە
هەردوو قاچی شەل بوون، کاتێك هەواڵی شاول و
یۆناتان لە یەزرەعیلەوە گەیشت تەمەنی پێنج ساڵان
بوو، ئیتر دایەنەکەی هەڵیگرت و هەڵات، بەڵام
لەبەر ئەوەی بە پەلە بوو بۆ هەڵاتن، منداڵەکە
کەوت و شەل بوو، ناویشی مەفیبۆشەت بوو.
٥کوڕەکانی ڕیمۆنی بئێرۆتی ڕێکاب و بەعەنا
ڕۆیشتن و لە گەرمەی ڕۆژدا خۆیان بە ماڵی
ئیشبۆشەتدا کرد کە سەرخەوی نیوەڕۆی دەشکاند.
٦چوونە ناو ماڵەکەوە بە بیانووی ئەوەی بارە گەنم
ببەن، شمشێرێکیان لە سکی دا. پاشان ڕێکاب و
بەعەنای برای دەرباز بوون.
٧لە کاتی هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو ماڵەکە
ئەو لەسەر قەرەوێڵەکەی لە ژووری نوستنەکەی
پاڵکەوتبوو، جا لێیاندا و کوشتیان، سەریان بڕی و
سەرەکەیان برد، بە درێژایی ئەو شەوە بەناو عەراڤادا
ڕۆیشتن. ٨سەری ئیشبۆشەتیان هێنایە حەبرۆن، بۆ
لای داودی پاشا، پێیان گوت: «ئەوەتا ئەوە سەری
ئیشبۆشەتی کوڕی شاولی دوژمنی تۆیە ئەوەی
دەیویست بتکوژێت. یەزدانیش ئەمڕۆ بە پاشای
گەورەی منی داوە تۆڵە لە شاول و لە نەوەکەی
بکاتەوە.»
٩داودیش وەڵامی ڕێکاب و بەعەنای برای دایەوە
کە کوڕەکانی ڕیمۆنی بئێرۆتین و پێی گوتن: «بە
یەزدانی زیندوو، ئەوەی ژیانی منی لە هەموو
تەنگانەیەك کڕییەوە، ١٠کاتێك یەکێك هەواڵی پێدام و
گوتی: "شاول مردووە" و خۆی بە مزگێنیدەر دەزانی،
گرتم و لە چیقلەگ کوشتم، بەوە موژدانەکەیم
دایەوە. ١١ئەی دەبێت ئەمەیان چەند زۆرتر بێت

---

[a] ٣١ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.
[b] ٣١ یان دارەبازەکە.

ئەگەر دوو پیاوی بەدکار پیاوێکی ڕاستودروست لەناو ماڵەکەی خۆیدا و لەسەر قەرەوێڵەکەی بکوژن. ئێستاش ئایا داوای خوێنەکەی ئەوتان لێ نەکەم و لەسەر زەوی نەتانسڕمەوە؟»

١٢ جا داود فەرمانی بە خزمەتکارەکان کرد و ئەوانیان کوشت، دەست و پێیان بڕین، لەلای گۆمەکەی حەبرۆن هەڵیانواسین. بەڵام سەری ئیشبۆشەتیان بردە حەبرۆن و لە گۆڕەکەی ئەبنێردا ناشتیان.

## دەستنیشانکردنی پاشای هەموو ئیسرائیل

٥ هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هاتنە حەبرۆن بۆ لای داود، گوتیان: «ئەوەتا ئێمە لە گۆشت و خوێنی تۆین. ٢ لە ڕابردوودا کاتێک شاول پاشامان بوو، تۆ ڕابەرایەتی سوپای ئیسرائیلت دەکرد، یەزدانیش پێی فەرموویت: ”تۆ شوانایەتی ئیسرائیلی گەلەکەم دەکەیت و دەبیتە فەرمانڕەوایان.“»

٣ هەروەها هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتنە حەبرۆن بۆ لای پاشا، داودی پاشاش لەبەردەم یەزدان لە حەبرۆن پەیمانی لەگەڵدا بەستن، داودیان بە پاشای ئیسرائیل دەستنیشان کرد.

٤ داود تەمەنی سی ساڵ بوو کاتێک بوو بە پاشا، چل ساڵ پاشایەتی کرد. ٥ حەوت ساڵ و شەش مانگ لە حەبرۆن پاشایەتی یەهودای کرد، سی و سێ ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی هەموو ئیسرائیل و یەهودای کرد.

## داگیرکردنی ئۆرشەلیم

٦ پاشا و پیاوەکانی چوونە ئۆرشەلیم بۆ شەڕکردن لە دژی یەبوسییەکانی دانیشتووانی خاکەکە. ئەوانیش بە داودیان گوت: «تۆ نایەیتە ژوورەوە بۆ ئێرە، تەنانەت نابینا و شەلەکان ڕێگات لێ دەگرن.» وا بیریان کردەوە: «داود ناتوانێت بێت بۆ ئێرە.»

٧ بەڵام داود دەستی بەسەر قەڵای سییۆندا[a] گرت، کە ئێستا بە شاری داود ناسراوە.

٨ جا لەو ڕۆژەدا داود گوتی: «هەرکەسێک سەربکەوێت بۆ بەزاندنی یەبوسییەکان، دەبێت بگاتە کارێزەکە و ئەو شەل و کوێرانە بکوژێت کە ناحەزی داودن[b].» هەر لەبەر ئەوە دەڵێن: «”نابینا و شەل“ نایەنە ناو کۆشکەکەوە.»

٩ پاشان داود لە قەڵاکە نیشتەجێ بوو، ناوی لێنا شاری داود، چواردەورەکەی بنیاد نا، لە تەلانەکانەوە[c] بەرەو ناوەوە. ١٠ هەروەها داود هەتا دەهات مەزنتر دەبوو، یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالاریش لەگەڵی بوو.

١١ پاشان حیرامی پاشای هەرێمی سور چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد لەگەڵ داری ئورز و دارتاش و نەقاڕ، کۆشکێکیان بۆ داود دروستکرد. ١٢ ئینجا داود زانی کە یەزدان وەک پاشای ئیسرائیل جێگیری کردووە، پاشایەتییەکەشی لە پێناوی ئیسرائیلی گەلەکەیدا پایەدار کردووە.

١٣ هەروەها داود پاش ئەوەی لە حەبرۆنەوە هاتە ئۆرشەلیم چەند کەنیزە و ژنێکی دیکەی هێنا، ئینجا کوڕ و کچی دیکەی داود لەدایک بوون. ١٤ ئەمەش ناوی ئەو منداڵانەیەتی کە لە ئۆرشەلیم لەدایک بوون: شەموع، شۆڤاڤ، ناتان، سلێمان، 15 ئیڤحار، ئەلیشوع، نەفەگ، یافیع، ١٦ ئەلیشاماع، ئەلیاداع و ئەلیفەلەت.

## بەزاندنی فەلەستییەکان

١٧ کاتێک فەلەستییەکان بیستیانەوە کە داود بە پاشای ئیسرائیل دەستنیشانکراوە، هەموو فەلەستییەکان بۆ گەڕان بەدوای داود سەرکەوتن، بەڵام کاتێک داود ئەمەی بیستەوە دابەزی بۆ ناو

[a] ٧ مەبەستی لە شاری ئۆرشەلیم (قودس). هەروەها ناوی دیکەشی هەیە: سییۆن، زایۆن.

[b] ٨ بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ١١:٦.

[c] ٩ تەلان: بەرزاییەکانیان لە شێوەی پایە ڕێکخستووە، بۆ پاڵپشتی کۆشکی پاشا سوودی لێ وەرگیراوە.

قەڵاکە. [١٨]فەلەستییەکان هاتبوون و لە دۆڵی ڕفایم بڵاو ببوونەوە. [١٩]داودیش پرسیاری لە یەزدان کرد و گوتی: «ئایا بچم بۆ پەلاماردانی فەلەستییەکان؟ ئایا دەیاندەیتە دەستم؟»

یەزدانیش بە داودی فەرموو: «بڕۆ، چونکە بێگومان دەیاندەمە دەستت.»

[٢٠]داود چوو بۆ بەعلپراچیم و لەوێ ئەوانی بەزاند، گوتی: «یەزدان دڕی بە دوژمنەکانم دا، وەك دڕپێدادانی ئاو.» لەبەر ئەوە ئەو شوێنە بە بەعلپراچیم ناو برا.[a] [٢١]هەروەها فەلەستییەکان لەوێدا بتەکانیان بەجێهێشت، داود و پیاوەکانیشی لایان بردن.

[٢٢]ئینجا دووبارە فەلەستییەکان سەرکەوتنەوە و لە دۆڵی ڕفایم بڵاو بوونەوە. [٢٣]داودیش پرسیاری لە یەزدان کرد، ئەویش فەرمووی: «سەرمەکەوە، بەڵکو بسووڕێوە بۆ پشتیان و بەرامبەر بە دار بەلسەمەکان پەلاماریان بدە. [٢٤]کاتێك لەسەر دار بەلسەمەکانەوە گوێت لە دەنگی پێ بوو، لەو کاتەدا وریابە، چونکە یەزدان بۆ لێدانی ئۆردوگای فەلەستییەکان لەپێشتەوە ڕۆیشتووە.» [٢٥]داودیش هەروەك یەزدان فەرمانی پێ کرد ئاوای کرد، لە گبعۆنەوە هەتا گەزەر لە فەلەستییەکانی دا.

## هێنانی سندوقی خودا بۆ ئۆرشەلیم

٦ دووبارە داود هەموو پیاوە هەڵبژاردەکانی ناو ئیسرائیلی کۆکردەوە، سی هەزار کەس بوون. [٢]ئینجا داود و هەموو ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون لە بەعلەی[b] یەهوداوە بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی لەوێوە سندوقی خودا بهێننەوە، ئەو سندوقە کە ناوی لێنراوە «ناوەکە»، ناوی یەزدانی سوپاسالار، ئەوەی لەنێوان کەڕوبەکان[c] لەسەر تەخت دانیشتووە. [٣]سندوقی خودایان لە عەرەبانەیەکی نوێ بارکرد، لە ماڵی ئەبینادابەوە هەڵیانگرت، ئەوەی لە گردەکەیە. کوڕەکانی ئەبینادابیش، عوزا و ئەحیۆ عەرەبانە نوێیەکەیان لێدەخوڕی و [٤]لە ماڵی ئەبینادابەوە لەگەڵ سندوقی خودا بردیان. ئەحیۆ لەبەردەم سندوقەکەوە دەڕۆیشت، [٥]داود و هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلیش بە هەموو توانایانەوە لەبەردەم یەزداندا ئاهەنگیان دەگێڕا، بە سروود و قیسارە و ساز و دەف و شەقشەقە و سەنج.

[٦]کاتێك گەیشتنە سەر جۆخینەکەی[d] ناخون، عوزا دەستی بۆ سندوقی خودا درێژکرد و گرتی، چونکە گایەکان سەرسمیان دا. [٧]ئەو ساتە تووڕەیی یەزدان بەسەر عوزادا جۆشا و خودا لەوێ لەسەر هەڵەکەی لێیدا و هەر لەوێ لەلای سندوقی خودا مرد.

[٨]داودیش تووڕە بوو، چونکە یەزدان بە تەواوی عوزای لەناوبرد، ئەو شوێنەش هەتا ئەمڕۆ بە پێرێز عوزا[e] ناودەبردرێت.

[٩]ئەو ڕۆژە داود لە یەزدان ترسا و گوتی: «چۆن سندوقی یەزدان لەلای من بێت؟» [١٠]لەبەر ئەوە داود نەیویست سندوقی یەزدان بگوازێتەوە بۆ شاری داود، بەڵکو بردییە ماڵی عوبێد ئەدۆمی گەتی. [١١]سێ مانگ سندوقی یەزدان لە ماڵی عوبێد ئەدۆمی گەتی مایەوە، یەزدانیش عوبێد ئەدۆم و هەموو ماڵەکەی بەرەکەتدار کرد.

[١٢]ئەوە بوو بە داودی پاشا ڕاگەیەنرا و گوترا: «بەهۆی سندوقی خوداوە یەزدان ماڵی عوبێد ئەدۆم و هەرچی هەیەتی بەرەکەتداری کردووە.» لەبەر ئەوە داود چوو بە خۆشییەوە سندوقی خودای لە

[a] ٢٠ بەعلپراچیم: لە عیبری بە واتای ئەو خوداوەندەی دڕپێدەدات.

[b] ٢ بەعلەی قیریەت یەعاریمە، بڕوانە یەشوع ٩:١٥.

[c] ٢ لەنێوان کەڕوبەکان: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ٢٢:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.

[d] ٦ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[e] ٨ واتە هەڵکوتانە سەر عوزا.

مالّی عوبێد ئەدۆمەوە هێنا بۆ شاری داود. ١٣لەدوای ئەوەی هەڵگرانی سندوقی یەزدان شەش هەنگاویان هەڵهێنا، گایەك و گوێرەکەیەکی قەڵەوی سەربڕی. ١٤داودیش ئێفۆدێکی کەتانی لەبەردا بوو، بە هەموو هێزییەوە لەبەردەم یەزداندا سەمای دەکرد. ١٥هەروەها داود و هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل بە هوتاف و بە دەنگی کەڕەناوە سندوقی یەزدانیان سەرخست.

١٦کاتێك سندوقی یەزدان هاتە ناو شاری داود، میخەلی کچی شاول لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد و بینی داودی پاشا لەبەردەم یەزدان هەڵدەبەزێتەوە و سەما دەکات، لە دڵی خۆیدا بە سووکی زانی.

١٧ئێتر سندوقی یەزدانیان هێنایە ژوورەوە، لەناوەڕاستی ئەو چادرەی داود بۆی دامەزراندبوو لە شوێنی خۆی دایانا، داود قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی[a] لەبەردەم یەزداندا سەرخست. ١٨پاش ئەوەی داود لە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشی بووەوە، بە ناوی یەزدانی سوپاسالارەوە داوای بەرەکەتی بۆ گەل کرد. ١٩هەر یەکێك لە هەموو گەل، واتە تەواوی ئامادەبووانی کۆمەڵی ئیسرائیل، بە پیاو و بە ئافرەتەوە، کولێرەیەك و نانە خورمایەك و نانە کشمیشێکی بەسەریاندا دابەش کرد. ئینجا هەموو گەل هەریەکە و بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە.

٢٠داودیش بۆ ئەوەی داوای بەرەکەت بۆ ماڵەکەی بکات گەڕایەوە ماڵەوە. میخەلی کچی شاول چووە پێشوازی داود و گوتی: «ئەمڕۆ پاشای ئیسرائیل چەند گەورە بوو کە بێ ئەوەی خۆی بپۆشێت لەبەردەم کەنیزەکانی خزمەتکارەکانی دەرکەوت، وەك ناکەس بەچەیەك کە خۆی نەپۆشێت!»

٢١داودیش بە میخەلی گوت: «ئەمە لەبەردەم یەزدان بوو، ئەوەی لە جێگای باوکت و هەموو ماڵەکەی هەڵیبژاردم بۆ ئەوەی بمکاتە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلی یەزدان. لەبەر ئەوە لەبەردەم یەزدان ئاهەنگ دەگێڕم. ٢٢لەوەش زیاتر لە پایەی خۆم دێنمە خوارەوە و خۆم نزم دەکەمەوە، بەڵام لەلای ئەو کەنیزانەی باست کردن، ئەوا ڕێزدار دەبم.»

٢٣میخەلی کچی شاولیش هەتا ئەو ڕۆژەی مرد منداڵی نەبوو.

## بەڵێنی خودا بۆ داود

٧ پاش ئەوەی پاشا لە کۆشکەکەیدا نیشتەجێ بوو، هەروەها یەزدانیش لە هەموو دوژمنەکانی چواردەوری حەواندییەوە، ٢پاشا بە ناتانی پێغەمبەری گوت: «من لێرە لە کۆشکێکی دروستکراو بە داری ئورز نیشتەجێم و سندوقی خوداش لەناو چادرێکدا نیشتەجێیە.»

٣ناتانیش بە پاشای گوت: «بڕۆ هەموو ئەوەی لە دڵتدایە بیکە، چونکە یەزدان لەگەڵتدایە.»

٤بەڵام هەر لەو شەوە فەرمایشتی یەزدان بۆ ناتان هات:

> ٥«بڕۆ بە داودی بەندەم بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئایا تۆ ئەو کەسەی کە ماڵێك بۆ نیشتەجێبوونم بنیاد دەنێیت؟ ٦لەو ڕۆژەوەی کە نەوەی ئیسرائیلم لە میسر دەرهێناوە هەتا ئەمڕۆ لە ماڵدا نیشتەجێ نەبووم، بەڵکو هاتوچۆم لەناو چادر و نشینگەدا بووە. ٧لە هەموو هاتوچۆکردنەکانم لەگەڵ هەموو نەوەی ئیسرائیل، ئایا هیچ قسەیەکم کرد لەگەڵ یەکێك لە ڕابەرەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی فەرمانم پێکردن بۆ ئەوەی شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم بکەن، ’بۆچی ماڵێکتان لە داری ئورز بۆ دروستنەکردووم؟‘“
>
> ٨«ئێستاش ئاوا بە داودی بەندەم دەڵێیت: ”یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: من تۆم لە شوانایەتی مەڕەوە برد و تۆم کردە

---

١٧ [a] قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاوەدەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:١١-١٥.

فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلەکەی خۆم.
[٩]لەگەڵتدا بووم بۆ هەر شوێنێك چوویت
و هەموو دوژمنەکانی تۆم لەبەردەمت
بڕیوەتەوە. ئێستا ناوێکی گەورەت بۆ
دروستدەکەم وەك ناوی گەورەکان کە لەسەر
زەوین. [١٠]شوێنێکیش بۆ ئیسرائیلی گەلەکەم
دیاری دەکەم و دەیچێنم و لە جێی خۆی
نیشتەجێی دەکەم، ئیتر وەك پێشوو بێزار
ناکرێن و خەڵکانی ناڕەوا نایانچەوسێننەوە،
[١١]وەك ئەو سەردەمانەی ڕابەرم لەسەر
ئیسرائیلی گەلەکەم دادەنا. منیش تۆ لە
دەستی هەموو دوژمنەکانت دەحەوێنمەوە.
«”یەزدان پێت ڕادەگەیەنێت کە
یەزدان خۆی بنەماڵەکەت جێگیر دەکات.
[١٢]کاتێك ژیانت تەواو دەبێت و دەچیتە پاڵ
باوباپیرانت، من وەچەکەت دادەمەزرێنم،
ئەوەی لەدوای خۆت لە پشتی تۆوە دێت،
پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [١٣]ئەو ماڵێك بۆ
ناوی من بنیاد دەنێت و منیش بۆ هەتاهەتایە
تەختی پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [١٤]من
دەبمە باوکی ئەو و ئەویش دەبێتە کوڕی من.
ئەگەر ستەم بکات، ئەوا بە گۆچانی خەڵك و
لێدانی نەوەی ئادەم تەمبێی دەکەم.[a] [١٥]بەڵام
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەم بۆ ئەو داناماڵرێت
وەك چۆن بۆ شاول داماڵرا، ئەوەی لەپێش
تۆ ڕامماڵی. [١٦]بۆ هەتاهەتایەش ماڵەکەت و
پاشایەتییەکەت لەبەردەممدا ئاسوودە دەبن،
هەتاهەتایە تەختەکەت جێگیر دەبێت.“»

[١٧]ئینجا ناتان بەپێی وشەکانی ئەم سروشە[b] قسەی
لەگەڵ داود کرد.

## نزای داود

[١٨]ئەوسا داودی پاشا چوو و لەبەردەم یەزدان
دانیشت و گوتی:

«ئەی یەزدانی باڵادەست، من کێم و
بنەماڵەکەی من کێیە کە تۆ بەم پایەیەت
گەیاندووم؟ [١٩]ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆ
هێشتا ئەمەت بە کەم زانی، هەر لەبەر ئەوە
هاتیت بۆ ئەوەی سەبارەت بە ئایندەی ماڵی
ئەم بەندەیەت بەڵێنی گەورەتر بدەیت؟
ئەی یەزدانی باڵادەست، ئایا بە گشتی لەگەڵ
مرۆڤ بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەیت؟
[٢٠]«ئیتر داود چی زیاتر بە تۆ بڵێت؟ ئەی
یەزدانی باڵادەست، چونکە تۆ بەندەکەی
خۆت دەناسیت. [٢١]تۆ لە پێناوی بەڵێنەکەت
و بە خواستی دڵی خۆت ئەم کارە گەورەیەت
کردووە بۆ ئەوەی لەلای بەندەکەت بزانرێت.
[٢٢]«ئەی یەزدانی باڵادەست، لەبەر ئەمە،
چەند مەزنیت! کوا هاوتای تۆ؟ بێجگە لە تۆ
خودایەك نییە لە هەموو ئەوەی بە گوێی
خۆمان گوێمان لێبووە. [٢٣]هەروەها کێ وەك
ئیسرائیلی گەلەکەی تۆیە؟ ئەم گەلە تاکە
نەتەوەیەکە لە زەویدا کە خودا هات بۆ ئەوەی
گەلێك بۆ خۆی بکڕێتەوە، بۆ ئەوەی ناوێك بۆ
خۆی دابنێت و کاری مەزن و سامناك بکات،
بە دەرکردنی نەتەوەکان و خوداوەندەکانیان
لەبەردەم گەلەکەت، ئەوەی لە میسر بۆ خۆت
کڕیتەوە. [٢٤]ئەی یەزدان، تۆ گەلی ئیسرائیلت
جێگیر کردووە کە بۆ هەتاهەتایە ببنە گەلی
خۆت و تۆش بوویتە خودایان.
[٢٥]«ئەی یەزدانی پەروەردگار، ئێستاش
ئەو بەڵێنەی سەبارەت بە بەندەکەت و بە
ماڵەکەی فەرمووت، بۆ هەتاهەتایە بیهێنە
دی. هەروەك فەرمووت ئاوا بکە. [٢٦]با ناوت
هەتاهەتایە مەزن بێت و بگوترێت: ”یەزدانی

[a] ١٤ مەبەستی لەوەیە کە نەتەوەی دیکە بەسەریدا زاڵ دەکات و لەلایەن ئەوانەوە دەچەوسێنرێتەوە.
[b] ١٧ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

سوپاسالار خودای ئیسرائیلە!” با ماڵی داودی بەندەشت لەبەردەمتدا جێگیر بێت.

[٢٧]«ئەی یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل، بۆ بەندەکەی خۆتت ئاشکرا کرد و فەرمووت: ”ماڵێکت بۆ بنیاد دەنێم.“ لەبەر ئەمە بەندەکەت ئازایەتی لە خۆیدا بینی ئەم نزایەت بۆ بکات. [٢٨]ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆ خودایت و بەڵێنەکانت متمانەپێکراون، بەڵێنی ئەم چاکەیەت بە بەندەکەت داوە. [٢٩]ئێستاش ڕەزامەندی بفەرموو بۆ ئەوەی ماڵی بەندەکەت بەرەکەتدار بکەیت، تاوەکو بۆ هەتاهەتایە لەبەردەمت بێت، ئەی یەزدانی باڵادەست چونکە تۆ فەرمووت، ئینجا با لە بەرەکەتی تۆوە بۆ هەتاهەتایە بنەماڵەی بەندەکەت بەرەکەتدار بێت.»

## سەرکەوتنەکانی داود[a]

٨ ئەوە بوو پاش ئەمە داود فەلەستییەکانی بەزاند و زەلیلی کردن، مەسەگ ئەممای لە فەلەستییەکان سەند.

[٢]هەروەها داود مۆئابییەکانیشی بەزاند. ئەوانی لەسەر زەوی پاڵخست و بە گوریس پێوانەی کردن، بە پێوانەی دوو گوریس خەڵکەکەی کوشت و بە پێوانەی گوریسێکیش خەڵکی بە زیندوویی هێشتەوە.[b] ئینجا مۆئابییەکان هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود و سەرانەیان بۆ دەهێنا.

[٣]هەروەها داود هەدەدعەزەری کوڕی ڕەحۆڤی پاشای چۆڤای بەزاند، کاتێك چوو بۆ ئەوەی تاشەبەردەکەی یادەوەری لە کەناری ڕووباری فورات نۆژەن بکاتەوە. [٤]داود هەزار گالیسکە و حەوت هەزار گالیسکەسوار و بیست هەزار پیادەی بە دیل گرت، ئینجا داود جومگە پێی ئەسپی گالیسکەکانیانی بڕییەوە و تەنها سەد ئەسپی گالیسکەی هێشتەوە.

[٥]کاتێك ئارامییەکانی دیمەشق بۆ یارمەتیدانی هەدەدعەزەری پاشای چۆڤا هاتن، داود بیست و دوو هەزار پیاوی لە ئارامییەکان کوشت. [٦]ئیتر داود لە شانشینی ئارامییەکانی دیمەشق سەربازگەی دانا، ئارامییەکانیش هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود و سەرانەیان بۆ دەهێنا. داودیش ڕووی لە هەرکوێ دەکرد، یەزدان سەرکەوتووی دەکرد.

[٧]پاشان داود قەڵغانە زێڕینەکانی ئەفسەرەکانی هەدەدعەزەری برد و هێنایە ئۆرشەلیم. [٨]هەروەها داودی پاشا بڕۆنزێکی زۆریشی لە تەڤەح و بێرۆتەی برد کە شارۆچکەی هەدەدعەزەر بوون.

[٩]کاتێك تۆعوی پاشای حەمات بیستی کە داود هەموو سوپاکەی هەدەدعەزەری بەزاندووە، [١٠]یۆرامی کوڕی نارد بۆ لای داودی پاشا بۆ ئەوەی لە سەلامەتی بپرسێت و پیرۆزبایی لێ بکات کە لەگەڵ هەدەدعەزەر جەنگاوە و بەزاندوویەتی، چونکە هەدەدعەزەر لە جەنگدا بوو لە دژی تۆعو. یۆرامیش لەگەڵ دەستی خۆیدا کەلوپەلی زێڕ و زیو و بڕۆنزی هێنابوو.

[١١]هەروەها داودی پاشا ئەوانەشی بۆ یەزدان تەرخان کرد لەگەڵ ئەو زێڕ و زیوانەی تەرخانی کردبوو لە هەموو ئەو نەتەوانەی ژێردەستەی کردبوون: [١٢]لە ئەدۆم، مۆئاب، عەمۆن، فەلەستی، عەمالێقی و دەستکەوتەکەی هەدەدعەزەری کوڕی ڕەحۆڤی پاشای چۆڤا.

[١٣]هەروەها داود پاش گەڕانەوەی لە کوشتنی هەژدە هەزار ئەدۆمی لە دۆڵی خوێ[c]، ناوبانگی بڵاو بووەوە.

[١٤]لە هەموو خاکی ئەدۆم سەربازگەی دانا و هەموو ئەدۆمییەکان هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود. داود ڕووی لە هەرکوێ دەکرد، یەزدان سەرکەوتووی دەکرد.

---

[a] بڕوانە زەبوورەکان ٦٠:١١-١٢.

[b] ٢ داود بە هەڕەمەکی دوو لەسەر سێی مۆئابییەکان کوشت و یەك لەسەر سێی لێ هێشتنەوە.

[c] ١٣ دۆڵی خوێ: دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو. بڕوانە زەبوورەکان ٦٠.

## کاربەدەستەکانی داود

١٥ داود پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد، دادوەری و ڕاستودروستی بۆ هەموو گەلەکەی پەیڕەو کرد. ١٦ یۆئابی کوڕی چەرویاش سوپاسالار بوو؛ یەهۆشافاتی کوڕی ئەحیلودیش تۆمارکار بوو؛ ١٧ سادۆقی کوڕی ئەحیتوڤ و ئەحیمەلەخی کوڕی ئەبیاتار کاهین بوون؛ سەرایا خامەی نهێنی[a] بوو؛ ١٨ بەنایای کوڕی یەهۆیاداع فەرماندەی کریتی و پەلەتییەکان[b] بوو؛ کوڕەکانی داودیش کاهینی پاشا بوون.

## داود و مەفیبۆشەت

٩ داود پرسی: «ئایا کەسێك هەیە لە بنەماڵەی شاول هێشتا لە ژیاندا مابێت، بۆ ئەوەی لە پێناوی یۆناتاندا چاکەیەکی لەگەڵدا بکەم؟»

٢ بەندەیەکی ماڵی شاول هەبوو ناوی چیڤا بوو، بانگیان کرد بۆ لای داود، ئیتر پاشا پێی گوت: «تۆ چیڤایت؟»

ئەویش گوتی: «بەڵێ، منی خزمەتکاری تۆم.»

٣ پاشاش گوتی: «ئایا کەسێك نییە لە بنەماڵەی شاول هێشتا مابێت، بۆ ئەوەی چاکەی خودای لەگەڵدا بکەم؟»

چیڤاش بە پاشای گوت: «کوڕێکی یۆناتان هەیە کە هەردوو قاچی شەلە.»

٤ پاشاش پێی گوت: «لەکوێیە؟»

چیڤاش بە پاشای گوت: «لە ماڵی ماکیری کوڕی عەمیێلە لە لۆدەڤار.»

٥ ئینجا داودی پاشا ناردی و لە ماڵی ماکیری کوڕی عەمیێلەوە لە لۆدەڤار هێنایەوە.

٦ کاتێك مەفیبۆشەتی کوڕی یۆناتانی کوڕی شاول هات بۆ لای داود، بە ڕوودا کەوت و کڕنۆشی برد.

داودیش گوتی: «مەفیبۆشەت؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «بەڵێ، ئەمەتا خزمەتکارەکەت.»

٧ داودیش پێی گوت: «مەترسە، چونکە بە دڵنیاییەوە لە پێناوی یۆناتانی باوکت چاکەت لەگەڵدا دەکەم و هەموو زەوییەکانی شاولی باپیرت بۆ دەگەڕێنمەوە، تۆش هەمیشە لەسەر خوانەکەی من نان دەخۆیت.»

٨ مەفیبۆشەتیش کڕنۆشی برد و گوتی: «بەندەکەی تۆ چییە هەتا ئاوڕ لە سەگێکی تۆپیوی وەك من بدەیتەوە؟»

٩ ئیتر پاشا چیڤای بەندەی شاولی بانگکرد و پێی گوت: «هەموو ئەوەی هی شاول و بنەماڵەکەی بوو، بە کوڕەزای گەورەکەتم داوە. ١٠ خۆت و کوڕ و خزمەتکارەکانت لە زەوییەکەی کار دەکەن و بەروبوومەکەی دەهێنن هەتا نان بۆ کوڕەزای گەورەکەت دابین بکرێت بۆ خواردن. مەفیبۆشەتی کوڕەزای گەورەکەشت هەمیشە لەسەر خوانەکەم نان دەخوات.» چیڤا پازدە کوڕ و بیست خزمەتکاری هەبوو.

١١ چیڤاش بە پاشای گوت: «بەپێی هەموو ئەوەی پاشای گەورەم فەرمان بە خزمەتکارەکەی دەکات، خزمەتکارەکەت بەو جۆرە دەکات.» ئیتر مەفیبۆشەت وەك شازادەیەك لەسەر خوانەکەی داود نانی دەخوارد.

١٢ مەفیبۆشەت کوڕێکی بچووکی هەبوو ناوی میکا بوو. هەروەها هەموو ئەوانەی لە ماڵی چیڤادا دەژیان خزمەتکاری مەفیبۆشەت بوون. ١٣ مەفیبۆشەت لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوو، چونکە هەمیشە لەسەر خوانی پاشا نانی دەخوارد و هەردوو قاچیشی شەل بوون.

## بەزاندنی عەمۆنییەکان

١٠ دوای ماوەیەك پاشای عەمۆنییەکان مرد و حانوونی کوڕی لەدوای ئەو بوو بە پاشا. ٢ داود گوتی: «لەگەڵ حانوونی کوڕی ناحاش دڵسۆز دەبم، هەروەك چۆن باوکی لەگەڵم دڵسۆز

---

[a] ١٧ ڕازپۆش.

[b] ١٨ کریتییەکان و پەلەتییەکان دوو لەشکری ڕاهێنراو بوون لەسەر مەشقی سەربازی.

بوو.» لەبەر ئەوە داود شاندێکی نارد بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لە حانوون بکەن سەبارەت بە باوکی.

کاتێك خزمەتکارەکانی داود هاتنە خاکی عەمۆنییەکان، ٣میرەکانی عەمۆنییەکان بە حانوونی گەورەیان گوت: «تۆ لەو باوەڕەدایت کە داود لەبەر ڕێزگرتن لە باوکت نێردراوی ناردووە بۆ ئەوەی سەرەخۆشیت لێ بکات؟ ئایا داود بۆ پشکنین و سەرەوژێرکردن و سیخوڕیکردن بەسەر شارەکەوە خزمەتکارەکانی خۆی نەناردووە بۆ لات؟» ٤ئیتر حانوون خزمەتکارەکانی داودی گرت و نیوەی ڕیشی تاشین، جلەکانیشیان لە نیوەوە هەتا پاشەڵیانی دادڕی و بەڕەڵای کردن. ٥کاتێك بە داود ڕاگەیەنرا، ئەویش چەند کەسێکی نارد بۆ پێشوازییان، چونکە پیاوەکان زۆر شەرمیان دەکرد، پاشاش گوتی: «هەتا ڕیشتان دێتەوە لە ئەریحا بمێننەوە، ئینجا بگەڕێنەوە.»

٦کاتێك عەمۆنییەکان بینییان لەلایەن داودەوە قێزەون بوون، ناردیان و لە ئارامییەکانی بێت ڕەحۆڤ و چۆڤا بیست هەزار پیادەیان بەکرێ گرت، هەروەها پاشای مەعکا لەگەڵ هەزار پیاو و لە تۆڤ دوازدە هەزار پیاویان بەکرێ گرت.

٧کاتێك داود ئەمەی بیستەوە، یۆئاب و هەموو سوپا شەڕکەرەکانی نارد. ٨عەمۆنییەکان هاتنە دەرەوە و لە دەمی دەروازەی شارەکەیان بۆ جەنگ ڕیزیان بەست، بەڵام ئارامییەکانی چۆڤا و ڕەحۆڤ، لەگەڵ پیاوەکانی تۆڤ و مەعکا بە جیا لە دەشتودەر بوون.

٩کاتێك یۆئاب بینی کە بەرەکانی جەنگ لەپێشی و لەپاشییەوەن، لە باشترین جەنگاوەرانی ئیسرائیل چەند هێزێکی هەڵبژارد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی کردن. ١٠ئەو پیاوانەی کە مانەوە دایە دەست ئەبیشەیی برای و ئەویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەمۆنییەکان ڕیزی کردن. ١١یۆئاب گوتی: «ئەگەر ئارامییەکان لە من بەهێزتر بوون، ئەوا تۆ بەهانامەوە دێیت؛ بەڵام ئەگەر عەمۆنییەکان لە تۆ بەهێزتر بوون، ئەوا من بەهاناتەوە دێم. ١٢ئازابە و با بەهێز بین لە پێناوی گەلەکەمان و لە پێناوی شارەکانی خوداکەمان، یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات.»

١٣ئینجا یۆئاب و ئەو لەشکرەی لەگەڵی بوون بۆ جەنگ، لە دژی ئارامییەکان چوونە پێشەوە، ئەوانیش لەبەردەمیدا هەڵاتن. ١٤کاتێك عەمۆنییەکان بینییان ئارامییەکان هەڵدەهاتن، ئەوانیش لەبەردەم ئەبیشەی هەڵاتن و چوونە ناو شارەکە. ئیتر یۆئاب لە شەڕی نەوەی عەمون گەڕایەوە و چوو بۆ ئۆرشەلیم.

١٥کاتێك ئارامییەکان بینییان لە بەرامبەر ئیسرائیل تێکشکاون، پێکەوە کۆمەڵیان بەست. ١٦ئینجا هەدەدعەزەر ناردی و ئارامییەکانی ئەوبەری ڕووباری فوراتی هێنا، ئەوانیش هاتن بۆ حێلام و شۆڤەخی سەرکردەی سوپاکەی هەدەدعەزەریش لەپێشیانەوە بوو.

١٧کاتێك بە داود ڕاگەیەنرا، ئەویش هەموو ئیسرائیلی کۆکردەوە و لە ڕووباری ئوردونەوە پەڕییەوە و چوو بۆ حێلام، ئارامییەکانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی داود ڕیزیان بەست و لە دژی جەنگان. ١٨بەڵام ئارامییەکان لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵاتن، داودیش حەوت سەد گالیسکەسوار و چل هەزار سەربازی پیادەی لە ئارامییەکان کوشت، هەروەها لە شۆڤەخی سەرکردەی سوپاکەی دا و هەر لەوێدا مرد. ١٩کاتێك هەموو پاشاکانی ژێردەستەی هەدەدعەزەر بینییان کە ئەوان لە بەرامبەر ئیسرائیل تێکشکاون، لەگەڵ ئیسرائیل ئاشت بوونەوە و بوونە ژێردەستەی ئیسرائیل.

ئیتر ئارامییەکان نەیانوێرا بەهانای عەمۆنییەکانەوە بچن.

## داود و بەتشەبەع

١١ لە بەهاری ساڵ، لە کاتی ڕۆیشتنی پاشاکان بۆ جەنگ، داود یۆئابی لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو سوپای ئیسرائیلدا نارد و عەمۆنییەکانیان تێکشکاند و ڕەبەیان گەمارۆ دا، بەڵام داود لە ئۆرشەلیم مایەوە.

[٢]ئەوە بوو دەمەو ئێوارە داود لەسەر قەرەوێڵەکەی هەستا و لە سەربانی کۆشکی پاشا پیاسەی دەکرد، لە سەربانەوە ژنێکی بینی خۆی دەشوات. ژنێکی زۆر جوان بوو، [٣]داودیش خەڵکی نارد بۆ سۆراغی ژنەکە، جا یەکێك گوتی: «ئەمە بەتشەبەعی کچی ئەلیعامە و ژنی ئوریای حیتییە.» [٤]ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد بۆ هێنانی، ژنەکەش لە خوێنلێچوونی مانگانەی پاك ببووەوە و هاتە لای داود، ئەویش لەگەڵی جووت بوو، پاشان ژنەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. [٥]ژنەکە سکی پڕ بوو، ناردی و بە داودی ڕاگەیاند، گوتی: «سکم پڕە.»

[٦]داودیش نێردراوی بۆ لای یۆئاب نارد و گوتی: «ئوریای حیتیم بۆ بنێرە.» یۆئابیش ئوریای بۆ لای داود نارد. [٧]کاتێك ئوریا هاتە لای، داود لە هەواڵی سەلامەتی یۆئاب و سوپا و چۆنیەتی سەرکەوتنی جەنگی پرسی. [٨]پاشان داود بە ئوریای گوت: «بگەڕێوە ماڵەکەت و قاچەکانت بشۆ.» جا ئوریا لە کۆشکی پاشا چووە دەرەوە، دوابەدوای ئەویش دیارییەك لەلایەن پاشاوە نێردرا بۆی. [٩]بەڵام ئوریا لە دەروازەی کۆشکی پاشادا لەگەڵ هەموو خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا خەوت و نەگەڕایەوە ماڵەکەی خۆی.

[١٠]ئینجا بە داود ڕاگەیەنرا کە ئوریا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. داودیش بە ئوریای گوت: «تۆ لە ڕێوە نەهاتوویت؟ ئەی بۆچی نەگەڕایتەوە ماڵەوە؟»

[١١]ئوریاش بە داودی گوت: «سندوقەکە و ئیسرائیل و یەهودا لەناو چادردا نیشتەجێن، یۆئابی گەورەم لەگەڵ پیاوەکانی پاشام لە دەشتودەر چادریان هەڵداوە. ئایا منیش بچمەوە ماڵەکەم بخۆم و بخۆمەوە و لەگەڵ ژنەکەمدا پاڵ بکەوم؟ بە گیانی تۆ، دڵنیابە، من کاری وا ناکەم!»

[١٢]ئینجا داود بە ئوریای گوت: «ئەمڕۆش لێرە بمێنەرەوە و سبەینێ دەتنێرمەوە.» ئیتر ئوریا بۆ ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش لە ئۆرشەلیمدا مایەوە. [١٣]داود بانگی کرد، ئەویش لەگەڵیدا خواردی و خواردیەوە هەتا ئەوەی داود ئەوی مەست کرد، بەڵام ئوریا بۆ ئێوارە ڕۆیشت تاوەکو لەگەڵ خزمەتکارەکانی گەورەکەیدا لە جێگاکەی بنووێت و نەچێتەوە ماڵەکەی خۆی.

[١٤]بۆ بەیانی داود نووسراوێکی بۆ یۆئاب نووسی و بە دەستی ئوریادا ناردی. [١٥]لە نووسراوەکەشدا نووسیبووی و دەیگوت: «ئوریا بخەنە ناو گەرمەی شەڕەکەوە و لە پشتی بکشێنەوە هەتا لێی دەدرێت و دەکوژرێت.»

[١٦]جا کاتێك یۆئاب گەمارۆی شارەکەی دابوو، ئوریای لەو شوێنە دانا کە دەیزانی پیاوە بەهێزەکان لەوێن. [١٧]لەو کاتەدا پیاوانی شارەکە هاتنە دەرەوە و لە دژی یۆئاب جەنگان، ژمارەیەك لە خزمەتکارەکانی داود کەوتن و ئوریای حیتیش کوژرا.

[١٨]یۆئابیش نێردراوێکی نارد و هەموو کاروبارەکانی جەنگی بە داود ڕاگەیاند. [١٩]فەرمانیشی بە نێردراوەکە کرد و گوتی: «پاش ئەوەی وردەکارییەکانی جەنگەکە بۆ پاشا باس دەکەیت، [٢٠]ئەگەر تووڕەیی پاشا جۆشا و گوتی: "بۆچی لە شارەکە نزیك کەوتنەوە بۆ جەنگ؟ ئەی نەتانزانی ئەوان لەسەر شووراکەوە تیرتان تێدەگرن؟ [٢١]کێ ئەبیمەلەخی کوڕی یەروبەشەتی[a] کوشت؟ ئایا ژنێك لەسەر شووراوە بەرداشی سەرەوەی دەستاڕێکی تێنەگرت و لە تێڤێچ کوژرا؟ بۆ لە شووراکە نزیك کەوتنەوە؟" تۆش ئەو کاتە بڵێ: "هەروەها ئوریای حیتی خزمەتکاریشت کوژراوە."»

[٢٢]نێردراوەکە ڕۆیشت، کاتێك هاتە لای داود هەموو ئەو شتانەی پێ ڕاگەیاند کە یۆئاب پێی ڕایسپاردبوو. [٢٣]هەروەها نێردراوەکە بە داودی گوت: «خەڵکەکە بەسەرماندا زاڵ بوون، هاتن لە دەشتودەر لەگەڵمان بجەنگن، بەڵام هەتا دەمی دەروازەکە پاشەکشەمان پێکردن. [٢٤]ئینجا تیرهاوێژەکان لەسەر شووراکەوە تیربارانیان کردین و ژمارەیەك لە خزمەتکارەکانی پاشا کوژران، ئوریای حیتی خزمەتکاریشت کوژرا.»

[٢٥]داودیش بە نێردراوەکەی گوت: «ئاوا بە یۆئاب دەڵێیت: "ئەم کارەت پێ خراپ نەبێت، چونکە

[a] ٢١ یەروبەشەت: کە یەروبەعل، کە گدعۆن.

شمشێر جارێ ئەم و جارێ ئەو دەخوات. شەڕەکەت لەسەر شارەکە بەتین بکە و کاولی بکە.” ئەمە بۆ هاندانی یۆئاب بڵێ.»

[٢٦]کاتێک ژنەکەی ئوریا بیستی کە ئوریای مێردی کوژراوە، شیوەنی بۆ پیاوەکەی گێڕا. [٢٧]پاش تێپەڕبوونی ڕۆژانی پرسە، داود ناردی بەدوایدا و خستییە پاڵ ماڵەکەی خۆیەوە و بوو بە ژنی و کوڕێکی لێی بوو. بەڵام ئەم کارەی داود کردی، لەبەرچاوی یەزدان ناپەسەند بوو.

## سەرزەنشتی داود لەلایەن ناتانەوە

١٢ یەزدان ناتانی نارد بۆ لای داود، ئەویش هاتە لای و پێی گوت: «دوو پیاو لە شارێکدا هەبوون، یەکێکیان دەوڵەمەند و ئەوی دیکەیان هەژار. [٢]پیاوە دەوڵەمەندەکە مەڕ و مانگایەکی زۆری هەبوو. [٣]بەڵام هەژارەکە هیچی نەبوو، جگە لە بەرخێکی مێی بچووک کە کڕیبووی و بەخێوی کردبوو. لەگەڵ خۆی و هەموو منداڵەکانیدا گەورە بوو. بەرخەکە لە پارووەکەی ئەو دەیخوارد و لە جامەکەی ئەو دەیخواردەوە، لە باوەشیدا دەنوست و وەک کچی ئەوی لێهاتبوو.

[٤]«ئەوە بوو ڕێبوارێک بووە میوانی پیاوە دەوڵەمەندەکە، بەڵام دەوڵەمەندەکە ڕازی نەبوو مەڕێک یان مانگایەکی خۆی بکاتە ژەمێک بۆ میوانەکە کە ڕووی تێکردبوو. لە جیاتی ئەوە کاوڕەمێیەکەی هەژارەکەی برد و ئامادەی کرد بۆ ئەو پیاوەی کە ڕووی تێکردبوو.»

[٥]داود زۆر لەو پیاوە تووڕە بوو، بە ناتانی گوت: «بە یەزدانی زیندوو، ئەو پیاوەی ئەمەی کردووە شایانی سزای مردنە! [٦]لە جیاتی کاوڕەمێیەکەش چوار قات دەداتەوە، لە دەرئەنجامی ئەوەی ئەم کارەی کردووە، لەبەر ئەوەی بەزەیی نەبووە.»

[٧]ناتانیش بە داودی گوت: «ئەو پیاوە تۆیت! یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”من دەستنیشانم کردیت ببیتە پاشای ئیسرائیل، من لە دەستی شاول دەربازم کردیت. [٨]ماڵی گەورەکەتم پێدایت و ژنەکانی ئەوم خستە باوەشتەوە، بنەماڵەی ئیسرائیل و یەهودام پێدایت. ئەگەر ئەوەش کەم بووایە ئەوا زیاتریشم بۆ دەکردیت. [٩]ئیتر بۆچی فەرمایشتی یەزدانت بە سووک زانی، هەتا ئەم خراپەیە لەبەرچاوی یەزدان بکەیت؟ ئوریای حیتیت بە شمشێر کوشت و ژنەکەی ئەوت کردە ژنی خۆت، بە شمشێری عەمۆنییەکان کوشتت. [١٠]ئێستاش، بۆ هەتاهەتایە شمشێر لەسەر بنەماڵەکەت نابڕێتەوە، چونکە سووکایەتیت بە من کرد، ژنەکەی ئوریای حیتیت برد و کردتە ژنی خۆت.”

[١١]«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئەوەتا من لەناو ماڵەکەی خۆتدا خراپەت بەسەردا دەهێنم، لەبەرچاوت ژنەکانت دەبەم و دەیاندەمە ئەو کەسەی کە لێت نزیکە، لە ڕووناکی ئەم خۆرە لەگەڵ ژنەکانت جووت دەبێت. [١٢]تۆ بە نهێنی ئەو کارەت کرد، بەڵام من لەبەردەم هەموو ئیسرائیل و لەژێر ڕووناکی خۆر ئەم کارەت پێدەکەم.”»

[١٣]داودیش بە ناتانی گوت: «گوناهم دەرهەق بە یەزدان کرد.»

ناتان وەڵامی دایەوە: «هەروەها یەزدانیش لە گوناهەکەت خۆشبووە، نامریت. [١٤]بەڵام لەبەر ئەوەی بەم کارەت بوویتە هۆی ئەوەی دوژمنانی یەزدان تەواو سووکایەتی بە یەزدان بکەن، ئەوا ئەو منداڵەی بۆت لەدایک دەبێت دەمرێت.»

[١٥]هەر لەدوای ئەوەی ناتان چووەوە ماڵەکەی خۆی، یەزدان لەو منداڵەی داودی دا کە لە ژنەکەی ئوریاوە لەدایک بوو، ئینجا نەخۆش کەوت. [١٦]داود بۆ منداڵەکەی لە خودا پاڕایەوە و ڕۆژووی گرت، چووە ژوورەکەی خۆی، شەوانە بە درێژایی شەو لەسەر زەوی ڕادەکشا و هەر بەو جۆرە دەمایەوە. [١٧]پیرانی ماڵەکەی لەتەنیشتی وەستابوون بۆ ئەوەی لەسەر زەوییەکە هەڵیبستێننەوە، بەڵام نەیویست و نانی لەگەڵیان نەخوارد.

[١٨]ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەم منداڵەکە مرد. خزمەتکارەکانی داود ترسان پێی ڕابگەیەنن کە منداڵەکە مردووە، چونکە گوتیان: «هێشتا منداڵەکە

زیندوو بوو قسەمان لەگەڵی کرد و گوێی لێ نەگرتین، ئیتر چۆن پێی بڵێین منداڵەکە مردووە؟ خراپتر دەکات.»

[١٩]کاتێك داود بینی خزمەتکارەکانی چرپەچرپ دەکەن، زانی کە منداڵەکە مردووە. ئینجا داود لە خزمەتکارەکانی پرسی: «ئەرێ منداڵەکە مردووە؟»

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ، مردووە.»

[٢٠]ئینجا داود لەسەر زەوییەکە هەستایەوە، خۆی شوشت و بۆنی لە خۆی دا، جلەکانی گۆڕی، چووە ناو ماڵی یەزدان و کڕنۆشی برد. پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و داوای کرد نانی بۆ دابنێن و خواردی.

[٢١]خزمەتکارەکانی پێیان گوت: «ئەم کارە چی بوو کردت؟ لە کاتێکدا منداڵەکە زیندوو بوو، بەڕۆژوو دەبوویت و دەگریایت، بەڵام کاتێك کە مرد هەستایت و نانت خوارد!»

[٢٢]ئەویش گوتی: «کاتێك منداڵەکە زیندوو بوو بەڕۆژوو دەبووم و دەگریام و دەمگوت: ”کێ دەزانێت؟ بەڵکو یەزدان بەزەیی پێمدا بێتەوە و منداڵەکە بژیێت.“ [٢٣]بەڵام ئێستا ئەو مرد، ئیتر بۆچی ڕۆژوو بگرم؟ ئایا دەتوانم بیگەڕێنمەوە؟ من دەچم بۆ لای ئەو، بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە بۆ لای من.»

[٢٤]ئینجا داود دڵنەوایی بەتشەبەعی ژنی دایەوە، چووە ژوورەوە بۆ لای و لەگەڵی جووت بوو، منداڵێکی بوو ناوی لێنا سلێمان. یەزدانیش خۆشی ویست، [٢٥]هەر لەبەر ئەوە لە ڕێگەی ناتانی پێغەمبەرەوە پەیامی نارد و ناوی لێنا یەدیدەیا[a].

[٢٦]لەو ماوەیە یۆئاب لە دژی شاری ڕەببەی عەمۆنییەکان دەجەنگا و قەڵای شاهانەی گرت. [٢٧]ئینجا یۆئاب چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد و گوتی: «لە دژی ڕەببە جەنگام و سەرچاوەی ئاوی شارەکەم گرت. [٢٨]ئێستا پاشماوەی سوپا کۆبکەرەوە و بەسەر شارەکەدا بدە و دەستی بەسەردا بگرە، نەوەك من دەستی بەسەردا بگرم و بە ناوی منەوە ناوی لێ بنرێت.»

[٢٩]ئیتر داود هەموو سوپای کۆکردەوە و چووە بۆ ڕەببە و لە دژی جەنگا و گرتی. [٣٠]تاجی سەری پاشاکەی برد، کێشەکەی نزیکەی تالنتێك[b] زێڕ بوو، بەردی گرانبەهاشی تێدابوو، ئینجا لەسەر سەری داود دانرا. دەستکەوتێکی زۆریشی لە شارەکە دەرهێنا، [٣١]ئەو گەلەشی کە تێیدا بوو هێنایە دەرەوە و بێگاری پێکردن بە ئیشکردن بە مشار و پاچی ئاسنین و تەوری ئاسنین، فەرمانی پێ کردن لە کوورەی خشتدا کار بکەن، ئەم کارەی بە هەموو شارۆچکەکانی عەمۆنییەکان کرد. پاشان داود و هەموو سوپا گەڕانەوە ئۆرشەلیم.

## ئەمنۆن و تامار

١٣ ئەوە بوو پاش ئەمانە ئەمنۆنی کوڕی داود کەوتە خۆشەویستی تاماری خوشکە جوانەکەی ئەبشالۆمی کوڕی داود.[c]

[٢]ئەمنۆن لە تاو تاماری زڕخوشکی نەخۆش کەوت، لەبەر ئەوەی تامار پاکیزە بوو، ئەمنۆن پێی وابوو کە نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەك دەستی بۆ ببات.

[٣]ئەمنۆن هاوڕێیەتی ئامۆزایەکی دەکرد بە ناوی یۆنادابی کوڕی شیمەعا کە برای داود بوو، یۆناداب پیاوێکی تەڵەکەباز بوو. [٤]لە ئەمنۆنی پرسی: «شازادە، بۆچی تۆ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر دەبیت؟ ئایا پێم ناڵێیت؟»

ئەمنۆنیش پێی گوت: «من تاماری خوشکی ئەبشالۆمی برام خۆشدەوێت.»

[٥]یۆنادابیش پێی گوت: «لەناو جێگا پاڵبکەوە و خۆت نەخۆش بخە، ئەگەر باوکت بۆ بینینت هات پێی بڵێ: ”با تاماری خوشکم بێتە لام و نانم پێبدات، با خواردنەکە لەبەرچاوم سازبکات، بۆ ئەوەی ببینم و بە دەستی ئەو نان بخۆم.“»

[٦]ئینجا ئەمنۆن پاڵکەوت و خۆی نەخۆش خست، پاشا هات بۆ بینینی، ئەمنۆن بە پاشای گوت:

[a] ٢٥ بە واتای لەلایەن یەزدانەوە خۆشەویستە.

[b] ٣٠ تالنت: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرامە. بڕوانە دەرچوون ٣٩:٢٥.

[c] ١ ئەمنۆن لە ئەحینۆعەم و تاماری لە مەعکا هەردووکیان منداڵی داود بوون. بڕوانە بەشی ٣:٢، ٣.

«تکایە با تاماری خوشکم بێتە لام و لەبەرچاوم دوو ناسکەنان دروستبکات، بە دەستی ئەو دەیخۆم.»

٧داود بەدوای تاماردا ناردییە ماڵەوە و گوتی: «تکایە بڕۆ ماڵی ئەمنۆنی برات و خواردنێکی بۆ دروستبکە.» ٨تاماریش چووە ماڵی ئەمنۆنی برای، ئەو پاڵکەوتبوو. ئینجا هەویری برد و شێلای و لەبەرچاوی ناسکەنانی کرد و برژاندی. ٩ئینجا تاوەکەی بۆ بەردەمی برد، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بیخوات.

ئەمنۆن گوتی: «هەمووتان بڕۆنە دەرەوە.» ئەوانیش هەموویان چوونە دەرەوە. ١٠ئینجا ئەمنۆن بە تاماری گوت: «خواردنەکە بهێنە شوێنی نوستنەکەم بۆ ئەوەی بە دەستی تۆ بیخۆم.» تاماریش ناسکەنانەکەی کە دروستی کردبوو هەڵیگرت و بۆ ئەمنۆنی برای بردییە ژوورەوە بۆ شوێنی نوستنەکەی. ١١بۆی بردە پێشەوە تاوەکو بیخوات، ئەویش تاماری گرت و پێی گوت: «خوشکەکەم، وەرە لەگەڵم پاڵبکەوە.»

١٢ئەویش پێی گوت: «نا، برام نا! سەرم شۆڕ مەکە! لە ئیسرائیلدا شتی وا ناکرێت! ئەم بێ ئابڕووییە مەکە. ١٣ئەی من بەم ئابڕووچوونەوە ڕوو لەکوێ بکەم؟ ئەی تۆ؟ تۆش لەناو ئیسرائیلدا وەك گێلێکت لێدێت. ئێستاش تکایە لەگەڵ پاشا قسە بکە، بمداتە تۆ، چونکە ئەو پێی ناخۆش نییە.» ١٤بەڵام ئەمنۆن نەیویست گوێی لێ بگرێت و بەسەریدا زاڵ بوو، سەری شۆڕکرد و لاقەی کرد.

١٥پاشان ئەمنۆن زۆر ڕقی لێی بووەوە، تەنانەت ئەو ڕقەی کە ڕقی لێی بووەوە زۆرتر بوو لەو خۆشەویستییەی کە خۆشی دەویست. ئینجا ئەمنۆن پێی گوت: «هەستە و بڕۆ!»

١٦ئەویش پێی گوت: «نەخێر! ئەگەر دەرمبکەیت خراپەیەکی گەورەترە لەوەی کە پێت کردم.»

بەڵام ئەمنۆن نەیویست گوێی لێ بگرێت. ١٧خزمەتکارە تایبەتەکەی بانگکرد و گوتی: «ئەمە دەربکە و دەرگاکە لەدوایەوە دابخە.» ١٨خزمەتکارەکەش دەریکرد و دەرگاکەی لەدوایەوە داخست. تاماریش کەوایەکی درێژی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا بوو، چونکە کچە پاکیزەکانی پاشا جلی ئاوایان لەبەر دەکرد. ١٩تامار خۆڵەمێشی بەسەر سەری خۆیدا کرد، جلە ڕەنگاوڕەنگەکەی لەبەرخۆی دادڕی. دەستی بەسەرییەوە گرت و بە ڕێگادا دەڕۆیشت، بە دەنگی بەرز دەگریا.

٢٠ئەبشالۆمی برای پێی گوت: «ئەمنۆنی زڕبرات لەگەڵت بووە؟ خوشکم، ئێستاش بێدەنگ بە، ئەو زڕبراتە و ئەم کارە لە دڵ مەگرە.» ئیتر تامار بە پەرێشانی لە ماڵی ئەبشالۆمی برای مایەوە و ژیا.

٢١کاتێك داودی پاشا ئەم هەموو شتانەی بیستەوە، زۆر تووڕە بوو. ٢٢ئەبشالۆمیش نە بە چاك و نە بە خراپ قسەی لەگەڵ ئەمنۆنی زڕبرای نەکرد، لەبەر ئەوەی سەری تاماری خوشکی شۆڕکرد، زۆر ڕقی لە ئەمنۆن بووەوە.

## کوشتنی ئەمنۆن لەلایەن ئەبشالۆمەوە

٢٣دوو ساڵ دوای ئەوە، ئەبشالۆم هەموو کوڕەکانی پاشای بانگهێشت کرد، کاتێك خزمەتکارەکانی لە بەعل‌حاچۆر ئەوەی نزیك ئەفرایمە مەڕەکانی ئەویان دەبڕییەوە. ٢٤ئینجا ئەبشالۆم چوو بۆ لای پاشا و گوتی: «ئێستا بەندەکەت مەڕەکانی دەبڕێتەوە، تکایە پاشا و کاربەدەستەکانی با لەگەڵ بەندەکەت بێن.»

٢٥پاشاش بە ئەبشالۆمی گوت: «نەخێر کوڕم، با هەموومان نەبین و بارگرانی نەخەینە سەرت.» جا ئەبشالۆم زۆری لێکرد، بەڵام ئەو نەیویست بچێت، بەڵکو داوای بەرەکەتی بۆ کرد.

٢٦ئەبشالۆمیش گوتی: «ئەگەر نا، تکایە با ئەمنۆنی برام لەگەڵمان بێت.»

پاشاش لێی پرسی: «بۆچی لەگەڵت بێت؟» ٢٧بەڵام ئەبشالۆم زۆری لێکرد و ئەویش ئەمنۆن و هەموو کوڕەکانی پاشای لەگەڵ نارد.

٢٨ئەبشالۆمیش فەرمانی بە خزمەتکارەکانی کرد، گوتی: «ئاگاداربن! کاتێك کە ئەمنۆن بە شەراب مەست بوو، پێتان دەڵێم: ”لە ئەمنۆن بدەن،“

بیکوژن و مەترسن. ئەی من خۆم فەرمانم پێ نەکردوون؟ لەبەر ئەوە بەهێزبن و ئازابن.» [29]ئیتر خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم ئەوەیان بە ئەمنۆن کرد کە ئەبشالۆم فەرمانی پێ کردبوون، هەموو کوڕەکانی پاشا هەستان، هەریەکە و سواری هێسترەکەی خۆی بوو و هەڵات.

[30]لە کاتێکدا ئەوان بەڕێوە بوون، هەواڵ گەیشتە داود و گوترا: «ئەبشالۆم هەموو کوڕەکانی پاشای کوشتووە و کەسیانی نەهێشتووەتەوە.» [31]پاشا هەستا و جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی و لەسەر زەوی پاڵکەوت، هەموو خزمەتکارەکانیشی بە جلی دڕاوەوە لەلای پاشا ڕاوەستا بوون.

[32]بەڵام یۆنادابی کوڕی شیمەعای برای داود گوتی: «با گەورەم وانەزانێت کە هەموو شازادە لاوەکانیان کوشتووە، بەڵکو تەنها ئەمنۆن کوژراوە، چونکە لەو ڕۆژەوەی کە لاقەی تاماری خوشکی کرد، ئەبشالۆم ئەو بڕیارەی دا. [33]ئێستاش با پاشای گەورەم شتێکی وا نەخاتە دڵییەوە و بڵێت هەموو کوڕەکانی پاشا کوژراون. بەڵکو بە تەنها ئەمنۆن کوژراوە.»

[34]ئەبشالۆم پێشتر هەڵاتبوو.

خزمەتکارە ئێشکگرەکە چاوی هەڵبڕی و بینی خەڵکێکی زۆر لە لاشانی کێوەکە بە ڕێگاوە بوون. ئێشکگرەکە چوو بۆ لای پاشا و پێی گوت: «خەڵکێك دەبینم لە بێتحۆرۆنەوە بە لاشانی کێوەکەدا دێن.»

[35]ئینجا یۆناداب بە پاشای گوت: «ئەوەتا شازادەکان هاتن و خزمەتکارەکەت چی گوت، بەو جۆرە بوو.»

[36]هەر دوای ئەوەی لە قسەکردن بووەوە شازادەکان هاتن و بە گریانەوە دەنگیان هەڵبڕی، هەروەها پاشا و هەموو خزمەتکارەکانیش گریانێکی زۆر بەکوڵ گریان.

[37]ئەبشالۆمیش هەڵات و چوو بۆ لای تەلمەی کوڕی عەمیهودی پاشای گەشوور، داودیش هەموو ئەو ڕۆژانە بۆ کوڕەکەی لاواندییەوە.

[38]دوای ئەوەی ئەبشالۆم هەڵات و چوو بۆ گەشوور سێ ساڵ لەوێدا مایەوە. [39]داودی پاشا خەمی کوژرانی ئەمنۆنی لە دڵ دامرکایەوە، ئارەزووی کرد بچێتە لای ئەبشالۆم.

## گەڕانەوەی ئەبشالۆم بۆ ئۆرشەلیم

١٤ یۆئابی کوڕی چەرویا زانی کە دڵی پاشا ئارەزووی بینینی ئەبشالۆمی دەکرد. [2]لەبەر ئەوە یۆئاب کەسێکی ناردە تەقۆعە و لەوێوە ژنێکی دانای هێنا و پێی گوت: «تکایە خۆت وەك ماتەمدار نیشان بدە، جلی ماتەم لەبەر بکە و بۆن لە خۆت مەدە، بەڵکو وەك ژنێك دەربکەوە کە ماوەیەکی درێژە ماتەمدارە، [3]بڕۆ ژوورەوە بۆ لای پاشا و ئەم قسەیەی پێ بڵێ.» جا یۆئاب قسەکەی خستە سەر زاری.

[4]کاتێك ژنە تەقۆعییەکە چوو بۆ لای پاشا، خۆی خستە سەر زەوی و کڕنۆشی برد، گوتی: «ئەی پاشا، ڕزگارم بکە!»

[5]پاشاش پێی گوت: «چیت دەوێ؟»

ئەویش گوتی: «من بێوەژنم و پیاوەکەم مردووە، [6]کارەکەرەکەت دوو کوڕی هەبوو کە لە کێڵگەدا بە شەڕ هاتن و کەس نەبوو لێکیان بکاتەوە، یەکێکیان لەوی دیکەیانی دا و کوشتی. [7]ئەوەتا هەموو خێڵەکە لە کارەکەرەکەت هەستاون و دەڵێن: ”ئەوەمان ڕادەست بکە کە براکەی خۆی کوشتووە، بۆ ئەوەی لە جیاتی گیانی براکەی کە کوشتوویەتی بیکوژینەوە، هەروەها میراتگرەکە لەناو ببەین.“ ئەو پشکۆیەم دەکوژێننەوە کە ماوەتەوە، ناو و پاشماوەی پیاوەکەم لەسەر ڕووی زەوی ناهێڵنەوە.»

[8]پاشاش بە ژنەکەی گوت: «بگەڕێوە ماڵەکەت و من بڕیارێك لەبارەی تۆوە دەردەکەم.»

[9]ژنە تەقۆعییەکەش بە پاشای گوت: «ئەی پاشای گەورەم، با تاوانەکە لە ئەستۆی خۆم و ماڵی باوکم بێت، پاشا و تەختەکەی پاك و بێتاوان بن.»

[10]پاشاش گوتی: «ئەگەر کەسێك قسەی لەگەڵ کردیت، بیهێنە لام بۆ ئەوەی دیسان بێزارت نەکات.»

[11]ژنەکەش گوتی: «ئەی پاشا، تکایە ناوی یەزدانی

خوداکەت بهێنە، هەتا خوێنگری تۆڵەسێنەر زۆر نەبن بۆ کوشتنەوە و کوڕەکەم نەفەوتێت.»
ئەویش گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، تاڵە موویەکی کوڕەکەت ناکەوێتە سەر زەوی.»
[١٢]ئینجا ژنەکەش گوتی: «تکایە با کارەکەرەکەت قسەیەکی دیکە بۆ پاشای گەورەی بکات.»
ئەویش گوتی: «قسە بکە.»
[١٣]ژنەکەش گوتی: «ئەی بۆچی بیرت لە کارێکی وا کردووەتەوە لە دژی گەلی خودا؟ کە پاشا ئەمە دەڵێت خۆی تاوانبار دەکات، لەبەر ئەوەی پاشا کوڕە دوورخراوەکەی خۆی نەگەڕاندووەتەوە! [١٤]وەك ئاوێکی ڕژاو لەسەر زەوی کە کۆناکرێنەوە، بێگومان دەمرین. بەڵام خودا گیان ناکێشێت، بەڵکو چەند ڕێگایەك دادەڕژێت هەتا ئەوەی لێی دوورخراوەتەوە بە دوورخراوەیی نەمێنێتەوە.
[١٥]«ئێستاش من هاتم هەتا لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ پاشای گەورەم بکەم، چونکە گەل منیان ترساند. کارەکەرەکەت گوتی: "قسە لەگەڵ پاشا دەکەم، بەڵکو پاشا بە گوێی کارەکەرەکەی بکات. [١٦]لەوانەیە پاشا گوێ بگرێت بۆ ئەوەی کارەکەرەکەی لە دەست ئەو پیاوە دەرباز بکات کە دەیەوێت خۆم و کوڕەکەم پێکەوە لە میراتی خودا بسڕێتەوە."
[١٧]«هەروەها کارەکەرەکەت دەڵێت: "بەڵکو وتەی پاشای گەورەم دڵنەوایی بێت بۆم، چونکە پاشای گەورەم وەك فریشتەی خودایە لە تێگەیشتنی چاکە و خراپە، با یەزدانی پەروەردگارت لەگەڵت بێت."»
[١٨]پاشا وەڵامی دایەوە و بە ژنەکەی گوت: «شتێکت لێ دەپرسم، لێم مەشارەوە.»
ژنەکەش گوتی: «تکایە، با پاشای گەورەم بفەرموێت.»
[١٩]ئەوسا پاشا گوتی: «ئایا لە هەموو ئەمانەدا دەستی یۆئاب لەگەڵتدایە؟»
ژنەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی: «پاشای گەورەم، بە گیانی تۆ هیچ کەس ناتوانێت نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا لابدات لە هەموو ئەو شتانەی کە پاشای گەورەم فەرموویەتی، چونکە یۆئابی خزمەتکارت فەرمانی پێ کردم و هەر ئەو هەموو ئەم قسانەی خستە سەر زاری کارەکەرەکەتەوە. [٢٠]یۆئابی خزمەتکارت ئەم کارەی کرد بۆ ئەوەی دۆخەکە بگۆڕێت. دانایی گەورەم وەك دانایی فریشتەی خودایە هەتا هەموو ئەو شتانەش بزانێت کە لە خاکەکە هەیە.»
[٢١]ئیتر پاشا بە یۆئابی گوت: «ئێستا من بڕیارم دا و بڕۆ ئەو کوڕە گەنجە، ئەبشالۆم بهێنەرەوە.»
[٢٢]یۆئابیش کەوتە سەر زەوی و کڕنۆشی برد و داوای بەرەکەتی بۆ پاشای کرد، یۆئاب گوتی: «ئەی پاشای گەورەم، ئەمڕۆ خزمەتکارەکەت دەزانێت کە لەلای تۆ پەسەندە، چونکە پاشا بە قسەی خزمەتکاری خۆی کرد.»
[٢٣]ئینجا یۆئاب هەستا و چوو بۆ گەشوور و ئەبشالۆمی هێنایەوە ئۆرشەلیم. [٢٤]بەڵام پاشاش گوتی: «با بچێتەماڵەکەی خۆی و ڕووم نەبینێت.» لەبەر ئەوە ئەبشالۆم چووە ماڵەکەی خۆی و ڕووی پاشای نەبینی.
[٢٥]لە هەموو ئیسرائیلدا لە قۆزی کەس نەبوو وەك ئەبشالۆم بە شانوباڵیدا هەڵبدرێت، لە بنی پێیەوە هەتا تەپڵی سەری بێ کەموکوڕی بوو. [٢٦]لە کۆتایی هەموو ساڵێك سەری دەتاشی، چونکە سەری قورس دەبوو، کێشی مووی سەری بەپێی کێشی پاشایەتی دوو سەد شاقڵ[a] دەبوو.
[٢٧]هەروەها ئەبشالۆم سێ کوڕ و کچێکی بوو، ناوی کچەکەش تامار بوو، بووە ئافرەتێکی زۆر جوان.
[٢٨]جا ئەبشالۆم دوو ساڵ لە ئۆرشەلیم مایەوە و ڕووی پاشای نەبینی. [٢٩]لەبەر ئەوە ئەبشالۆم بەدوای یۆئابدا ناردی تاکو بینێرێتە لای پاشا، بەڵام ئەو نەیویست بێتە لای. دووبارە بەدوایدا ناردییەوە، بەڵام ئەو نەیویست بێت. [٣٠]لەبەر ئەوە بە خزمەتکارەکانی گوت: «تەماشا بکەن، کێڵگەکەی یۆئاب لەتەنیشت ئەوەی منەوەیە و جۆ لەوێ هەیە. بڕۆن و ئاگری تێبەردەن.» ئینجا خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم ئاگریان لە کێڵگەکە بەردا.

[a] ٢٦ دوو سەد شاقڵ: نزیکەی ٢,٣ کیلۆگرام.

٣١ئیتر یۆئاب هەستا و چوو بۆ لای ئەبشالۆم بۆ
ماڵەوە و پێی گوت: «بۆچی خزمەتکارەکانت ئاگریان
لە کێڵگەکەی من بەردا؟»
٣٢ئەبشالۆمیش بە یۆئابی گوت: «من بەدوای تۆدا
ناردم و گوتم: ”وەرە ئێرە، هەتا بتنێرمە لای پاشا و
بڵێیت، ’من بۆچی لە گەشوورەوە هاتمەوە؟ بۆ من
چاکتر بوو لەوێ بمێنمەوە!‘“ ئێستاش دەمەوێت
چاوم بە پاشا بکەوێت، ئەگەر تاوانێکی تێمدا بەدی
کرد، با بمکوژێت.»
٣٣ئیتر یۆئاب چوو بۆ لای پاشا و پێی ڕاگەیاند.
ئەویش ئەبشالۆمی بانگکرد و هاتە لای پاشا،
لەبەردەم ئەودا کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر
زەوی، پاشاش ئەبشالۆمی ماچکرد.

## پیلانگێڕانی ئەبشالۆم

١٥ لەدوای ماوەیەک ئەبشالۆم گالیسکە
و ئەسپی بۆ خۆی دانا، پەنجا پیاویش
لەپێشیەوە ڕایاندەکرد. ٢هەروەها ئەبشالۆم بەیانییان
زوو هەڵدەستا و لە قەراغ ڕێگای دەروازەی شارەکە
ڕادەوەستا. هەر خاوەن کێشەیەک دەهاتە لای پاشا
بۆ بڕیاردان، ئەبشالۆم بانگی دەکرد و لێی دەپرسی:
«خەڵکی چ شارێکیت؟» ئەویش وەڵامی دەدایەوە:
«خزمەتکارەکەت خەڵکی یەکێک لە هۆزەکانی
ئیسرائیلە.» ٣ئەبشالۆمیش پێی دەگوت: «تەماشا
بکە، داواکەی تۆ دروستە و ڕاستە، بەڵام کەس نییە
لەلایەن پاشاوە گوێت لێ بگرێت.» ٤هەروەها
ئەبشالۆم دەیگوت: «ئەگەر لەم ناوچەیە من بکەنە
دادوەر، ئەوا هەرکەسێک سکاڵا یان داوای هەبێت،
دادوەریی بۆ دابین دەکەم.»
٥هەرکەسێک دەهاتە پێشەوە بۆ ئەوەی کڕنۆشی
بۆ ببات، ئەبشالۆم دەستی بۆ درێژ دەکرد، دەیگرت
و ماچی دەکرد. ٦ئەو ئەم کارەی لەگەڵ هەموو
ئیسرائیلدا دەکرد، ئەوانەی بۆ دادوەری دەهاتنە لای
پاشا. بەم شێوەیە ئەبشالۆم دڵی گەلی ئیسرائیلی بۆ
خۆی ڕاکێشا.
٧پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ ئەبشالۆم بە پاشای
گوت: «تکایە ڕێگام بدە بچمە حەبرۆن بۆ ئەوەی
نەزرەکەم[a] بەجێبهێنم کە بۆ یەزدان نەزرم کردبوو.
٨خزمەتکارەکەت لە کاتی نیشتەجێبوونی لە
گەشووری خاکی ئارام، نەزری کردووە، گوتم: ”ئەگەر
یەزدان بە تەواوی بمگەڕێنێتەوە ئۆرشەلیم ئەوا لە
حەبرۆن یەزدان دەپەرستم.“»
٩پاشاش گوتی: «بە سەلامەتی بڕۆ.» ئەویش
هەستا و چوو بۆ حەبرۆن.
١٠ئینجا ئەبشالۆم سیخوڕی بەناو هەموو
هۆزەکانی ئیسرائیلدا بڵاو کردووە، گوتی: «ئەگەر
گوێتان لە دەنگی کەڕەنا بوو، بڵێن: ”ئەبشالۆم
لە حەبرۆن بووە بە پاشا.“» ١١دوو سەد پیاویش
لە ئۆرشەلیمەوە لەگەڵ ئەبشالۆم بەڕێکەوتن کە
بانگهێشت کرابوون، بێ ئەوەی هیچ شتێک بزانن
بە ساویلکەییەوە ڕۆیشتن. ١٢کاتێک ئەبشالۆم
قوربانییەکانی پێشکەش دەکرد، ناردی بەدوای
ئەحیتۆفەلی گیلۆنیی ڕاوێژکاری داود بۆ ئەوەی
لە گیلۆی شارۆچکەکەی خۆیەوە بێتە ئەوێ. جا
پیلانەکە بەهێزتر بوو، هەتا دەهات خەڵکەکە زیاتر
شوێنی ئەبشالۆم دەکەوتن.

## هەڵاتنی داود

١٣هەواڵدەرێک هاتە لای داود و گوتی: «هەموو
پیاوانی ئیسرائیل دڵیان لەگەڵ ئەبشالۆمە.»
١٤داودیش بە هەموو ئەو کاربەدەستانەی گوت
کە لە ئۆرشەلیم لەگەڵی بوون: «هەستن! با هەڵبێین،
ئەگینا لە دەست ئەبشالۆم دەربازمان نابێت. پەلە
بکەن لە ڕۆیشتن، نەوەک دەستپێشخەری بکات،
پێمان بگات و خراپەمان بەسەردا بهێنێت، بە زەبری
شمشێریش لە شارەکە بدات.»
١٥کاربەدەستانی پاشاش بە پاشایان گوت: «ئێمە
ئامادەین بۆ هەر بڕیارێکی پاشای گەورەمان.»
١٦پاشا و هەموو ماڵەکەی بەدوایەوە هاتنە

[a] 7 واتە پابەندکردنی مرۆڤ خۆیەتی بە مەرجێکەوە، لە کاتێکدا کە داخوازییەک بەرز دەکاتەوە بۆ خودا و بە ئەرێ وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن خوداوە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

دەرەوە، پاشا دە ژنە کەنیزەی بۆ پاراستنی کۆشکەکە بەجێهێشت. [١٧]ئیتر پاشا ڕۆیشت و هەموو گەلیش لەدوای ئەو چوون، لەلای دوایین ماڵی قەراغی شار خۆیان ڕێکخستەوە. [١٨]جا هەموو پیاوەکانی لەگەڵ کریتی و پەلەتییەکان و هەموو گەتییەکانیش کە شەش سەد پیاو بوون و لە گەتەوە بەدوایەوە هاتبوون لەپێشیەوە پەڕینەوە، لەپێش پاشا دەپەڕینەوە.

[١٩]پاشا بە ئیتتای گەتی گوت: «بۆچی تۆش لەگەڵمان دەڕۆیت؟ بگەڕێوە و لەگەڵ ئەبشالۆمی پاشادا بمێنەرەوە، چونکە تۆ بیانیت و لە نیشتیمانەکەت دوورکەوتویتەوە. [٢٠]تۆ دوێنێ هاتوویت، ئایا من ئەمڕۆ بە ڕۆیشتنت لەگەڵماندا ئاوارەت بکەم، چونکە من خۆم نازانم بەرەو کوێ دەچم؟ بگەڕێوە و هاونیشتیمانییەکانیشت بگەڕێنەوە. با یەزدان خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزیت پیشان بدات.»

[٢١]بەڵام ئیتتای وەڵامی پاشای دایەوە و گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، بە گیانی پاشای گەورەم، پاشای گەورەم لە هەرکوێ بێت، بۆ مردن بێت یان بۆ ژیان، خزمەتکارەکەشت لەوێ دەبێت.»

[٢٢]داود بە ئیتتایی گوت: «بڕۆ و بپەڕەوە.» ئینجا ئیتتای گەتی و هەموو پیاوەکانی و هەموو ئەو منداڵانەی کە لەگەڵی بوون پەڕینەوە.

[٢٣]هەموو دانیشتووانی خاکەکە بە دەنگێکی بەرز دەگریان، هەموو گەل دەپەڕینەوە، پاشاش لە دۆڵی قدرۆن پەڕییەوە و هەموو گەلیش بەرەو ڕێگای چۆڵەوانی چوون.

[٢٤]سادۆق و هەموو لێڤییەکانیش لەگەڵی بوون و سندوقی پەیمانی خودایان هەڵگرتبوو، ئیتر سندوقەکەی خودایان دانا و ئەبیاتار قوربانی پێشکەش دەکرد، هەتا هەموو گەل لە شارەکە هاتنە دەرەوە.

[٢٥]ئینجا پاشا بە سادۆقی گوت: «سندوقی خودا بگەڕێنەوە شارەکە. ئەگەر لەبەرچاوی یەزدان پەسەند بم، ئەوا دەمگەڕێنێتەوە و ڕێگام دەدات سندوقەکە و نشینگەکەشی ببینم. [٢٦]ئەگەر یەزدانیش فەرمووی: ”من پێت دڵشاد نەبووم،“ من ئەوەتام، با خۆی چی بەلاوە باشە ئەوە بکات.»

[٢٧]هەروەها پاشا بە سادۆقی کاهینی گوت: «ئایا تۆ پێشبینیکەر نیت؟ بە سەلامەتی بگەڕێوە شارەکە، خۆت و ئەحیمەعەچی کوڕت و یۆناتانی کوڕی ئەبیاتاریش، هەردوو کوڕەکانتان لەگەڵتاندا. [٢٨]تەماشا بکەن، من لە تەنکاوەکە بەرەو چۆڵەوانی ناپەڕمەوە و ئۆقرە دەگرم، هەتا پەیامێك لەلای ئێوەوە دێت و پێم ڕادەگەیەنن.» [٢٩]ئیتر سادۆق و ئەبیاتار سندوقی خودایان گەڕاندەوە ئۆرشەلیم و لەوێ مانەوە.

[٣٠]بەڵام داود بە هەورازەکەی کێوی زەیتووندا سەرکەوت، سەردەکەوت و دەگریا، سەری داپۆشی بوو و بەپێی پەتی دەڕۆیشت، هەموو گەلیش کە لەگەڵی بوون هەرکەسە و سەری خۆی داپۆشی بوو، بە گریانەوە سەردەکەوتن. [٣١]پێشتر بە داود ڕاگەیەنرابوو: «ئەحیتۆفەل لەگەڵ ئەبشالۆم لەنێو پیلانگێڕەکاندایە.» ئیتر داودیش لە یەزدان پاڕایەوە: «ئەی یەزدان، تکایە ڕاوێژی ئەحیتۆفەل بکە بە گێلایەتی.»

[٣٢]کاتێك داود گەیشتە سەر لووتکەکە، شوێنی خواپەرستی، بینی وا حوشەی ئەرکی چاوەڕێی دەکات. جلەکەی دڕاوە و سەری تۆزاوییە. [٣٣]داودیش پێی گوت: «ئەگەر لەگەڵم بپەڕیتەوە بەسەرمەوە دەبیتە بار. [٣٤]بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە شار و بە ئەبشالۆم بڵێیت: ”ئەی پاشا، من دەبمە خزمەتکاری تۆ، لەمێژە خزمەتکاری باوکت بوومە، ئێستاش دەبمە خزمەتکاری تۆ،“ بەوە یارمەتیم دەدەی لە پووچەڵکردنەوەی ڕاوێژی ئەحیتۆفەل. [٣٥]ئایا هەردوو کاهینەکە، سادۆق و ئەبیاتار لەوێ لەگەڵتدا نابن؟ ئەوەی لە کۆشکی پاشا دەیبیستیتەوە بە هەردوو کاهینەکە ڕابگەیەنە، سادۆق و ئەبیاتار. [٣٦]هەردوو کوڕەکەیان لەوێ لەگەڵیاندان، ئەحیمەعەچی سادۆق و یۆناتانی ئەبیاتار، هەموو ئەو شتانەی گوێتان لێی دەبێت بەواندا بۆ منی بنێرن.»

٣٧ئینجا حوشەی هاوڕێی داود هاتە شارەکە، لەو کاتەی ئەبشالۆم دەهاتە ناو ئۆرشەلیم.

## داود و چیڤا

١٦ کاتێك کە داود تۆزێك لە لووتکەکە ڕەت بوو، بینی چیڤای بریکاری مەفیبۆشەت بە دوو گوێدرێژی کورتانکراوەوە چاوەڕێی دەکات، دوو سەد کولێرە و سەد هێشووە کشمیش و سەد نانە هەنجیر و مەشکەیەك شەرابی بارکردبوو.

٢پاشا بە چیڤای گوت: «ئەمانەت بۆ چییە؟»

چیڤاش گوتی: «دوو گوێدرێژەکە بۆ ماڵی پاشا بۆ سواربوونە، کولێرە و هەنجیرەکەش بۆ پیاوەکانتە با بیخۆن، شەرابەکەش با ئەوانە بیخۆنەوە کە لە چۆڵەوانیدا شەکەت بوون.»

٣پاشاش لێی پرسی: «ئەی کوڕەزای گەورەکەت لەکوێیە؟»

چیڤاش بە پاشای گوت: «ئەوەتا ئەو لە ئۆرشەلیم ماوەتەوە، چونکە گوتی: ”ئەمڕۆ بنەماڵەی ئیسرائیل پاشایەتییەکەی باپیرم بۆ دەگەڕێننەوە.“»

٤ئینجا پاشا بە چیڤای گوت: «وا هەموو ئەوانەی هی مەفیبۆشەتن بۆ تۆیە.»

چیڤاش گوتی: «کڕنۆش دەبەم. هیوادارم پاشای گەورەم لێم ڕازی بێت.»

## نەفرەتکردنی شیمعی لە داود

٥کاتێك داودی پاشا لە بەحوریم نزیك بووەوە، پیاوێك لەوێوە هات کە لە خێڵی شاول بوو، ناوی شیمعیی کوڕی گێرا بوو، دەهاتە دەرەوە و نەفرەتی دەکرد. ٦داودی پاشا و هەموو کاربەدەستانی بەردباران دەکرد، هەرچەندە هەموو سوپا و پاڵەوانەکانیش لەلای ڕاست و چەپی بوون. ٧شیمعی کە نەفرەتی دەکرد دەیگوت: «بڕۆ دەرەوە! بڕۆ دەرەوە، ئەی پیاوی خوێنڕێژ، ئەی پیاوی سووکوچروك! ٨یەزدان تۆڵەی هەموو خوێنی ماڵی شاولی لێکردیتەوە کە لە جێی ئەو بوویت بە پاشا. یەزدان پاشایەتییەکەی دایە دەست ئەبشالۆمی کوڕت، تۆ بە خراپەی خۆت لەناودەچیت، چونکە تۆ پیاوێکی خوێنڕێژیت!»

٩ئەبیشەی کوڕی چەرویاش بە پاشای گوت: «بۆچی ئەم سەگە تۆپیوە نەفرەت لە پاشای گەورەم دەکات؟ لێمگەڕێ با بۆی بچم و سەری لێ بکەمەوە.»

١٠بەڵام پاشا گوتی: «ئەی کوڕانی چەرویا، چی لەنێوان من و ئێوە هەیە؟ لێیگەڕێن با نەفرەت بکات، ئەگەر یەزدان پێی فەرمووبێت نەفرەت لە داود بکە، کێ هەیە بتوانێت بڵێت: ”بۆ ئەمە دەکەیت؟“»

١١ئینجا داود بە ئەبیشەی و بە هەموو کاربەدەستەکانی گوت: «ئەوەتا من کوڕەکەی خۆم، ئەوەی لە پشتی خۆمەوە هاتووە دەیەوێت بمکوژێت، چ جای بنیامینییەك! لێیگەڕێن با نەفرەت بکات، چونکە یەزدان پێی فەرمووە. ١٢بەڵکو یەزدان بڕوانێتە زەلیلییەکەم و لە جیاتی ئەو نەفرەتەی ئەمڕۆ، بە چاکە پاداشتم بداتەوە.»

١٣ئیتر داود و پیاوەکانی بە ڕێگادا دەڕۆیشتن و شیمعییش بە قەراغ چیاکەدا لە بەرامبەری دەڕۆیشت، بە ڕێگاوە نەفرەتی دەکرد و لە بەرامبەری بەردی تێدەگرت و خۆڵی بە بادا دەکرد. ١٤پاشا و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵی بوون گەیشتنە تەنکاوەکە، ماندوو بوون، لەوێ حەوانەوە.

## ڕاوێژی ئەحیتۆفەل و حوشەی

١٥هەر لەو کاتەدا، ئەبشالۆم و هەموو سوپای ئیسرائیل هاتنە ئۆرشەلیم و ئەحیتۆفەلیشیان لەگەڵ بوو. ١٦ئینجا حوشەی ئەرکی هاوڕێی داود هاتە لای ئەبشالۆم، حوشەی بە ئەبشالۆمی گوت: «بژی پاشا، بژی پاشا!»

١٧ئەبشالۆمیش بە حوشەی گوت: «ئەمە خۆشەویستییەکەتە بۆ هاوڕێکەت؟ بۆچی لەگەڵ برادەرەکەت نەڕۆیشتیت؟»

١٨حوشەیش بە ئەبشالۆمی گوت: «نەخێر، بەڵکو ئەوەی یەزدان و ئەم گەلە و هەموو پیاوانی

ئیسرائیل هەڵیانبژاردووە، من لایەنگری ئەو دەبم و لەگەڵ ئەودا دەمێنمەوە. [١٩]پاشان، من خزمەتی کێ دەکەم؟ ئایا لەبەردەم کوڕەکەی نییە؟ هەروەك چۆن لەبەردەم باوکت خزمەتم کرد، ئاواش لەبەردەم تۆدا خزمەت دەکەم.»

[٢٠]ئەبشالۆم بە ئەحیتۆفەلی گوت: «تەگبیر بکەن، چی بکەین؟»

[٢١]ئەحیتۆفەلیش بە ئەبشالۆمی گوت: «لەگەڵ کەنیزەکانی باوکت جووتبە، ئەوانەی بۆ پاراستنی کۆشکەکە بەجێی هێشتن. ئینجا هەموو ئیسرائیل دەبیستێتەوە کە لەبەرچاوی باوکت کەوتوویت، بەو شێوەیە دەستی هەموو ئەوانە بەهێزتر دەبێت کە لەگەڵتدان.» [٢٢]لە سەربان چادرێکیان بۆ ئەبشالۆم دامەزراند و لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل لەگەڵ کەنیزەکانی باوکی جووتبوو.

[٢٣]لەو سەردەمەدا ڕاوێژی ئەحیتۆفەل کە ڕاوێژی پێ دەکرا، وەك ئەوەی لە خوداوە بێت. هەموو ڕاوێژەکانی ئەحیتۆفەل ئاوا بوون بۆ داود و بۆ ئەبشالۆمیش.

١٧ ئەحیتۆفەل بە ئەبشالۆمی گوت: «پێم باشە دوازدە هەزار پیاو هەڵبژێریت و هەستیت و هەر ئەمشەو بەدوای داود بکەویت. [٢]کە هێشتا ماندووە و دەستی شلە بەسەریدا بدە، ئینجا بیتۆقێنە، ئیتر هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدان هەڵدێن. بە تەنها لە پاشا بدە، [٣]هەموو گەلت بۆ دەگەڕێتەوە. مەرگی ئەو پیاوەی داوای دەکەیت، واتای گەڕانەوەی هەمووانە، جا هەموو گەل لە ئاشتیدا دەبن.» [٤]ئەم تەگبیرەی لەلایەن ئەبشالۆم و هەموو پیرانی ئیسرائیلەوە پەسەند کرا.

[٥]بەڵام ئەبشالۆم گوتی: «حوشەی ئەرکیش بانگ بکەن، با بزانین ئەویش چی دەڵێت.» [٦]ئیتر حوشەی هاتە لای، ئەبشالۆم پێی گوت: «ئەحیتۆفەل ئەم قسەیەی کردووە، ئایا بە قسەی بکەین؟ ئەگەر نا، تۆ چی دەڵێیت؟»

[٧]حوشەیش بە ئەبشالۆمی گوت: «ڕاوێژەکەی ئەم جارەی ئەحیتۆفەل باش نییە. [٨]تۆ باوکت و پیاوەکانی دەناسیت، پاڵەوانن، وەك دەڵەورچێك کە لە دەشتودەرە بەچکەکانی ڕاوکرابێت تووڕەن. جگە لەوەش باوکت پیاوی جەنگە و لەگەڵ لەشکر شەو بەسەرنابات. [٩]ئێستا ئەو لە ئەشکەوتێك یان لە شوێنێکدا خۆی شاردووەتەوە. ئەگەر لە سەرەتادا هەندێکتان لێ بکوژرێت و خەڵکی بیبیستنەوە و بڵێن، ”ئەو لەشکرەی لەگەڵ ئەبشالۆم بوو، تێکشکاوە،“ [١٠]ئەوا تەنانەت ئەو پاڵەوانەی دڵی وەك شێر وایە دڵی دەتوێتەوە، چونکە هەموو ئیسرائیل دەزانن کە باوکت پاڵەوانە و ئەوانەی لەگەڵیدان قارەمانن.

[١١]«لەبەر ئەوە من ئامۆژگاریت دەکەم کە هەموو ئیسرائیل لە دانەوە هەتا بیری شابەع، وەك لمی سەر دەریا لێت کۆببنەوە لە زۆریدا، بەڕێزیشت سەرکردایەتی جەنگەکە بکە. [١٢]ئینجا بۆی دەچینە یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەوی لێیە، وەك شەونمی سەر زەوی بەسەریدا دادەبارین. هیچ کەسیان لێ ناهێڵینەوە، نە خۆی و نە هەموو ئەو پیاوانەی لەگەڵیدان. [١٣]ئەگەر بۆ شارێك پاشەکشەی کرد، با هەموو ئیسرائیل گوریس بۆ ئەو شارە ببەن و دیوارەکانی شارەکە بۆ ناو دۆڵەکە ڕادەکێشین بۆ ئەوەی تەنانەت بەردێکیشی لەوێ نەبینرێتەوە.»

[١٤]ئینجا ئەبشالۆم و هەموو پیاوانی ئیسرائیل گوتیان: «ئامۆژگارییەکەی حوشەی ئەرکی لە ڕاوێژەکەی ئەحیتۆفەل باشترە.» ئیتر پووچەڵکردنەوەی ڕاوێژە باشەکەی ئەحیتۆفەل بە فەرمانی یەزدان بوو، بۆ ئەوەی یەزدان بەڵا بەسەر ئەبشالۆمدا بهێنێت.

[١٥]حوشەی بە سادۆق و بە ئەبیاتاری گوت، هەردوو کاهینەکە: «ئەحیتۆفەل بەو شێوەیە ئامۆژگاری بۆ ئەبشالۆم و پیرانی ئیسرائیل کردووە، منیش بەم شێوەیە ڕاوێژم کردووە. [١٦]ئێستاش بە پەلە بنێرن و بە داود ڕابگەیەنن و بڵێن: ”ئەمشەو لەسەر تەنکاوەکەی بەرەو چۆڵەوانی بەسەرمەبە، لە ڕووبارەکە بپەڕەوە، نەوەك پاشا و ئەو گەلەی لەگەڵیدان هەڵبلووشرێن.“»

[١٧]یۆناتان و ئەحیمەعەچ نەیاندەویست بچنە ناو شارەکە و ببینرێن، لەلای کانی ڕۆگێل چاوەڕێی کارەکەرێك بوون پەیامێکیان پێ ڕابگەیەنێت، ئەوانیش بچن و بە داودی پاشای ڕابگەیەنن. [١٨]بەڵام گەنجێك هەردووکیانی بینی و بە ئەبشالۆمی ڕاگەیاند، لەبەر ئەوە هەردووکیان بە پەلە ڕۆیشتن و چوونە ناو ماڵی پیاوێك لە بەحوریم، بیرێك لەناو حەوشەکەیدا هەبوو، هەردووکیان شۆڕ بوونەوە ناوی. [١٩]ژنەکەی دەمی بیرەکەی بە ڕووپۆشێك داپۆشی و دانەوێڵەی بەسەردا بڵاوکردەوە، کەس پێی نەزانی.

[٢٠]ئیتر خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم هاتن بۆ لای ژنەکە بۆ ماڵەکە و گوتیان: «ئەحیمەعەچ و یۆناتان لەکوێن؟»

ژنەکەش وەڵامی دانەوە: «لە جۆگەی ئاوەکە پەڕینەوە.» جا پاش ئەوەی بەدوایاندا گەڕان و نەیاندۆزینەوە، گەڕانەوە ئۆرشەلیم.

[٢١]پاش ئەوەی خزمەتکارەکانی ئەبشالۆم ڕۆیشتن، ئەحیمەعەچ و یۆناتان لە بیرەکە هاتنە دەرەوە و ڕۆیشتن و بە داود پاشایان ڕاگەیاند و بە داودیان گوت: «هەستن و بە پەلە لە تەنکاوەکە بپەڕنەوە، چونکە ئەحیتۆفەل ئاوا ئامۆژگاری کردوون.» [٢٢]لەبەر ئەوە داود و هەموو ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون هەستان و لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە و لە بەرەبەیاندا کەس نەمابوو لە ڕووباری ئوردون نەپەڕیبێتەوە.

[٢٣]بەڵام کاتێك ئەحیتۆفەل بینی کار بە ڕاوێژەکەی نەکراوە، گوێدرێژەکەی کورتان کرد و هەستا، بەرەو ماڵەکەی لە شارەکەی خۆیدا بەڕێکەوت و وەسیەتی بۆ ماڵەکەی کرد و خۆی خنکاند و مرد، جا لە گۆڕەکەی باوکی ناشتیان.

[٢٤]ئینجا داود هات بۆ مەحەنەیم و ئەبشالۆمیش خۆی و هەموو ئەو پیاوانەی ئیسرائیل کە لەگەڵیدا بوون لە ڕووباری ئوردونەوە پەڕینەوە. [٢٥]ئەبشالۆم لە جیاتی یۆئاب عەماسای کردبوو بە سوپاسالار و عەماساش کوڕی پیاوێك بوو ناوی یەتەری ئیسرائیلی بوو، کە ئەبیگایلی کچی ناحاش، خوشکی چەڕویا، دایکی یۆئاب خێزانی بوو. [٢٦]ئیسرائیل و ئەبشالۆم لە خاکی گلعاددا چادریان هەڵدا.

[٢٧]کاتێك داود گەیشتە مەحەنەیم، شۆڤیی کوڕی ناحاش لە شاری ڕەبەی عەمۆنییەکان و ماکیری کوڕی عەمیێل لە لۆدەڤار و بەرزیلەیی گلعادی لە ڕۆگەلیمەوە [٢٨]ڕاخەر و تەشت و قاپوقاچاغی گڵین و گەنم و جۆ و ئارد و دانەوێڵەی برژاو و پاقلە و نیسك و نۆکی برژاو و [٢٩]هەنگوین و دەڵمە[a] و مەڕ و پەنیری مانگایان پێشکەشی داود و ئەو گەلەی لەگەڵیدا بوون کرد هەتا بیخۆن، چونکە گوتیان: «گەل لە چۆڵەوانیدا برسی و ماندوو و تینوون.»

## مەرگی ئەبشالۆم

١٨ داود سەرژمێری ئەو پیاوانەی کرد کە لەگەڵیدا بوون، فەرماندەی هەزاران و سەدانی بەسەرەوە دانان. [٢]ئینجا داود سێیەکی سەربازەکانی بە دەستی یۆئابدا نارد، سێیەکیش بە دەستی ئەبیشەی کوڕی چەڕویای برای یۆئاب، سێیەکیش بە دەستی ئیتتایی گەتی. پاشا بە سوپاکەی گوت: «هەروەها بە دڵنیاییەوە منیش لەگەڵتان دەبم.»

[٣]بەڵام سەربازەکان گوتیان: «مەچووە دەرەوە، چونکە ئەگەر ئێمە هەڵبێین گوێمان پێ نادەن، ئەگەر نیوەشمان لێ بمرێت هەر گوێمان پێ نادەن، بەڵام تۆ هێندەی دە هەزار کەسی لە ئێمە، ئێستاش باشترە کە تۆ بۆ یارمەتیدانمان لە شارەکە بیت.»

[٤]پاشاش وەڵامی دانەوە: «ئەوەی پێتان باشە دەیکەم.»

ئیتر پاشا لەلای دەروازەکەوە وەستا و هەموو پیاوان بە یەکەی سەدان و بە هەزاران چوونە دەرەوە. [٥]پاشا فەرمانی بە یۆئاب و ئەبیشەی و ئیتتای کرد و گوتی: «لەبەر من، لەگەڵ ئەو گەنجە نەرم بن، لەگەڵ ئەبشالۆم.» هەموو سەربازەکانیش

[a] ٢٩ یان دەرەمە، قۆناغی پێش دروستبوونی پەنیر.

گوێیان لێبوو کاتێك پاشا سەبارەت بە ئەبشالۆم فەرمانی بە سەرکردەکان کرد.

[٦]سوپای داود چوونە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە دەشتودەر، شەڕەکەش لە دارستانی ئەفرایم ڕوویدا. [٧]لەوێ سوپای ئیسرائیل لەبەردەم خزمەتکارەکانی داود شکان، لەو ڕۆژەدا کوشتارێکی گەورە ڕوویدا، بیست هەزار پیاو کوژرا. [٨]شەڕەکە لە هەموو ناوچەکەدا بڵاو بووەوە، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لەناو دارستانەکەدا لەناوچوون زیاتر بوون لەوانەی بە شمشێر لەناوچوون.

[٩]ئەبشالۆم بە سواری هێسترەکەیەوە بەڕێکەوت تووشی خزمەتکارەکانی داود بوو. هێسترەکە چووە ژێر لقەکانی دار بەڕوویەکی گەورە و سەری ئەبشالۆم لەنێوان لقەکانی دار بەڕووەکەدا گیربوو، لەنێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسرا، هێسترەکەی ژێریشی ڕۆیشت.

[١٠]پیاوێك بینی و بە یۆئابی ڕاگەیاند: «هەر ئێستا ئەبشالۆمم بینی بە دار بەڕووەکەوە هەڵواسرابوو.»

[١١]یۆئابیش بەو پیاوەی گوت کە پێی ڕاگەیاند: «هەر ئێستا بینیت؟ ئەی بۆچی لەوێ بە زەویتدا نەدا، هەتا دە شاقل[a] زیو و پشتێنێکت بدەمێ؟»

[١٢]بەڵام پیاوەکە بە یۆئابی گوت: «تەنانەت ئەگەر هەزار شاقل[b] زیویش بکێشن و بە دەستم بگات، بە هیچ جۆرێك دەستم بۆ کوڕی پاشا درێژ ناکەم، چونکە پاشا لەبەردەمی ئێمە فەرمانی بە تۆ و ئەبیشەی و ئیتتای کرد و گوتی: "لەبەر من ئەو گەنجە، ئەبشالۆم بپارێزن و دەستی لێ مەدەن." [١٣]ئەگەر نا ستەمم لەگەڵ خۆم دەکرد، پاشاش هیچی لێ ناشاردرێتەوە، تۆش لە دژم دەوەستایت.»

[١٤]یۆئابیش گوتی: «من بەم شێوەیە لەبەردەمتدا ئارام ناگرم.» جا سێ ڕمی گرت بە دەستیەوە و لە دڵی ئەبشالۆمی گرت کە هێشتا لەناو دار بەڕووەکەدا زیندوو بوو. [١٥]دە خزمەتکار کە هەڵگرانی تفاقەکانی یۆئاب بوون چواردەوریان دا، لە ئەبشالۆمیان دا و کوشتیان.

[١٦]ئەوسا یۆئاب فووی بە کەڕەنادا کرد و ڕێگای لەسەر سەربازەکان گرت، سەربازەکانیش لە ڕاونانی ئیسرائیل گەڕانەوە. [١٧]ئیتر ئەبشالۆمیان هەڵگرت و لە دارستانەکەدا فڕێیاندایە ناو چاڵێکی گەورە، بەردێکی زۆریان لەسەری کەڵەکە کرد. هەموو ئیسرائیلیش هەریەکە و بۆ شوێنی خۆی هەڵات.

[١٨]پێشتر ئەبشالۆم کە هێشتا زیندوو بوو، ئەو کۆڵەکەیەی کە لە دۆڵی پاشادا بوو بردبووی و بۆ خۆی دایمەزراندبوو، چونکە گوتبووی: «کوڕێکم نییە بۆ یادکردنەوەی ناوەکەم.» کۆڵەکەکەشی بە ناوی خۆیەوە ناونا، هەتا ئەمڕۆش پێ دەگوترێت «یادەوەری ئەبشالۆم».

## گریانی داود بۆ ئەبشالۆم

[١٩]ئەوە بوو ئەحیمەعەچی کوڕی سادۆق گوتی: «با ڕابکەم و مژدە بدەمە پاشا: "یەزدان حەقی بۆ سەندیتەوە و لە دوژمنەکانت ڕزگاری کردیت."»

[٢٠]یۆئابیش پێی گوت: «تۆ ئەمڕۆ خاوەن مژدە نیت، لە ڕۆژێکی دیکەدا مژدە بدە و ئەمڕۆ مژدە مەدە، چونکە کوڕی پاشا مردووە.»

[٢١]یۆئاب بە کوشییەکی[c] گوت: «بڕۆ و ئەوەی بینیت بە پاشای ڕابگەیەنە.» کوشییەکەش کڕنۆشی بۆ یۆئاب برد و ڕایکرد.

[٢٢]ئەحیمەعەچی کوڕی سادۆق دووبارە بە یۆئابی گوت: «هەرچییەك بووە لێمگەڕێ با منیش بەدوای کوشییەکەدا ڕابکەم.»

یۆئابیش گوتی: «کوڕم، تۆ بۆ ڕادەکەیت، لە کاتێکدا مژدەیەکت نییە شایانی پاداشت بێت؟»

[٢٣]ئەویش گوتی: «هەرچی بێت، ڕادەکەم.»

یۆئابیش پێی گوت: «ڕابکە!» ئەوسا ئەحیمەعەچ بە ڕێگای پێدەشتەکەدا ڕایکرد و بە پێش کوشییەکە کەوت.

[٢٤]کاتێك داود لەنێوان دەروازەکانی ژوورەوە و

[a] ١١ نزیکەی ١١٥ گرام.

[b] ١٢ نزیکەی ١٢ کیلۆگرام.

[c] ٢١ لە وڵاتێکە لە سەرووی ڕووباری نیل.

دەرەوە دانیشتبوو، ئێشکگرەکە سەرکەوتە سەربانی دەرگاکە بۆ سەر شووراکە، چاوی هەڵبڕی و بینی پیاوێك بە تەنها ڕادەکات. [٢٥]ئێشکگرەکە هاواری کرد و بە پاشای ڕاگەیاند.

پاشاش گوتی: «ئەگەر بە تەنها بێت مژدەی پێیە.» پیاوەکەش ڕایدەکرد و نزیك دەبووەوە.

[٢٦]ئینجا ئێشکگرەکە پیاوێکی دیکەی بینی ڕادەکات، بانگی دەرگاوانەکەی کرد و پێی گوت: «ئەوەتا پیاوێك بە تەنها ڕادەکات.»

پاشاش گوتی: «ئەمەش هەر مژدەی پێیە.»

[٢٧]ئێشکگرەکە گوتی: «من دەبینم کە ڕاکردنی یەکەم وەك ڕاکردنی ئەحیمەعەچی کوڕی سادۆق وایە.»

پاشاش گوتی: «ئەمە پیاوچاکە و مژدەیەکی چاکیش دەهێنێت.»

[٢٨]ئەحیمەعەچ هاواری کرد و بە پاشای گوت: «سڵاو.» کڕنۆشی بۆ پاشا برد و سەری خستە سەر زەوی، گوتی: «ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگارت، ئەوەی ئەو خەڵکەی ڕادەست کرد کە لە پاشای گەورەم هەستابوون!»

[٢٩]پاشاش گوتی: «ئەو گەنجە، ئەبشالۆم سەلامەتە؟»

ئەحیمەعەچیش گوتی: «گەورەم، کاتێك کە یۆئابی بەردەستی تایبەتی تۆ منی دەنارد، شڵەژانێکی گەورەم بینی، بەڵام نەمزانی چی بوو.»

[٣٠]پاشاش گوتی: «بسووڕێوە و لێرە ڕابوەستە.» ئەویش سووڕایەوە و ڕاوەستا.

[٣١]لەو کاتەدا کوشییەکەش هات، کوشییەکە گوتی: «پاشای گەورەم مژدەم بدەرێ، چونکە یەزدان ئەمڕۆ حەقی بۆ سەندیتەوە و لە هەموو ئەوانەی لێت ڕاست بوونەوە ڕزگاری کردیت!»

[٣٢]پاشاش بە کوشییەکەی گوت: «ئەو گەنجە، ئەبشالۆم سەلامەتە؟»

کوشییەکەش گوتی: «با دوژمنەکانی پاشای گەورەم و هەموو ئەوانەی بۆ خراپە لە دژی تۆ سەرهەڵدەدەن وەك ئەو گەنجەیان لێ بێت.»

[٣٣]جا پاشا نیگەران بوو، دەگریا و سەرکەوتە ژووری سەر دەروازەکە، بە دەم ڕۆیشتنەوە ئاوای دەگوت: «کوڕەکەم ئەبشالۆم! کوڕەکەم، کوڕەکەم ئەبشالۆم! خۆزگە لە جێی تۆ بمردبامایە، کوڕەکەم ئەبشالۆم! کوڕەکەم!»

١٩ پاشان بە یۆئاب ڕاگەیەنرا: «پاشا دەگریێت و شیوەن بۆ ئەبشالۆم دەگێڕێت.» [٢]ئەو ڕۆژە سەرکەوتنەکە لەلای هەموو سوپا بووە شیوەن، چونکە سەربازەکان لەو ڕۆژەدا گوێیان لێبوو گوترا: «پاشا بۆ کوڕەکەی دڵتەنگ بووە.» [٣]جا لەو ڕۆژەدا سەربازەکان وەك سوپایەکی شەرمەزاری هەڵاتوو لە جەنگدا بەدزییەوە گەڕانەوە ناو شارەکە. [٤]پاشاش ڕووی خۆی داپۆشی و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «کوڕەکەم ئەبشالۆم! ئەبشالۆم کوڕەکەم، کوڕەکەم!»

[٥]ئینجا یۆئاب لە ماڵی پاشا چووە ژوورەوە و گوتی: «ئەمڕۆ ڕووی هەموو خزمەتکارەکانت شەرمەزار کرد، ئەوانەی لەم ڕۆژەدا دەربازکەری ژیانی خۆت و ژیانی کوڕ و کچ و ژن و کەنیزەکانت بوون. [٦]ئەوانەی ڕقیان لێت دەبێتەوە خۆشت دەوێن، ئەوانەش کە تۆیان خۆشدەوێت ڕقت لێیان دەبێتەوە. ئەمڕۆ دەرتخست کە تۆ سەرکردە و خزمەتکارەکانت بەلاوە هیچ نییە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زانیم ئەگەر ئەبشالۆم زیندوو بووایە و ئێمە هەموومان بمردبووینایە ئەوسا کارەکەت بە دڵ دەبوو. [٧]ئێستاش هەستە و بڕۆ دەرەوە دڵی خزمەتکارەکانت بدەوە، چونکە بە یەزدانی زیندوو، ئەگەر نەچیتە دەرەوە، ئەمشەو کەس لەگەڵت نامێنێتەوە، ئەوەش لە هەموو ئەو خراپانەی لە گەنجییەوە هەتا ئێستا تووشت بوون خراپتر دەبێت لەسەرت.»

[٨]ئیتر پاشا هەستا و لە دەروازەکەدا دانیشت، بە هەموو گەل ڕاگەیەنرا: «ئەوەتا پاشا لە دەروازەکەدا دانیشتووە.» جا هەموو گەل هاتنە بەردەم پاشا.

## گەڕانەوەی داود بۆ ئۆرشەلیم

ئیسرائیلییەکانیش هەریەکە و بۆ چادرەکەی خۆی

هەڵاتبوون. ٩ لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا گەل مشتومڕیان بوو و دەیانگوت: «پاشا لە دەست دوژمنەکانمان فریامان کەوت، ئەو بوو کە لە دەست فەلەستییەکان دەربازی کردین، ئێستاش ئەو بەهۆی ئەبشالۆمەوە لە خاکەکەوە هەڵاتووە. ١٠ ئەبشالۆمیش ئەوەی بەسەر خۆمانەوە دەستنیشانمان کرد لە جەنگدا مرد، بۆچی سەبارەت بە هێنانەوەی پاشا بێدەنگن؟»

١١ داودی پاشا پەیامی بۆ هەردوو کاهینەکە نارد، سادۆق و ئەبیاتار، گوتی: «لەگەڵ پیرانی یەهودا بدوێن و بڵێن: "بۆچی دواهەمین کەس دەبن لە گەڕاندنەوەی پاشا بۆ کۆشکەکەی، پاشا لە شوێنی خۆی بوو لە کاتێکدا هەموو ئەوەی ئیسرائیل گوتیان پێی گەیشت؟ ١٢ ئێوە برای منن و لە گۆشت و خوێنی منن، ئیتر بۆچی لە گەڕاندنەوەی پاشا دواهەمین کەس دەبن؟" ١٣ هەروەها بە عەماسا بڵێن: "ئایا تۆ لە گۆشت و خوێنی من نیت؟ با خودا توندترین سزام بدات، ئەگەر لەمەودوا لەلای من لە جێی یۆئاب نەبیتە فەرماندەی گشتی سوپا."»

١٤ جا دڵی هەموو پیاوانی یەهودای وەك یەك پیاو بەلای خۆیدا ڕاکێشا، ئەوانیش بەدوای پاشادا ناردیان و گوتیان: «خۆت و هەموو خزمەتکارەکانت بگەڕێنەوە.» ١٥ لەبەر ئەوە پاشا گەڕایەوە و هاتە ڕووباری ئوردون.

پیاوانی یەهوداش هاتنە گلگال و چوونە پێشوازی پاشا، بۆ ئەوەی لە ڕووباری ئوردون بیپەڕێننەوە. ١٦ شیمعی کوڕی گێرای بنیامینی کە خەڵکی بەحوریمە، دەستپێشخەری کرد و لەگەڵ پیاوانی یەهودا بۆ پێشوازی داودی پاشا دابەزین، ١٧ هەزار پیاویش لە بنیامین لەگەڵیدا بوون، لەگەڵ چیڤای خزمەتکاریماڵی شاول، هەر پازدە کوڕەکەی و بیست خزمەتکارەکەی لەگەڵیدا بوون، هەموویان بە پەلە چوونە سەر ڕووباری ئوردون، بۆ لای پاشا. ١٨ ئینجا لە تەنکاییەکە پەڕینەوە بۆ ئەوەی ماڵی پاشا بپەڕێننەوە و هەرچییەك پاشا بەلایەوە پەسەند بوو ئەنجامی بدەن.

شیمعی کوڕی گێراش کاتێك لە ڕووباری ئوردون پەڕییەوە لەبەردەم پاشادا بە ڕوودا کەوت، ١٩ بە پاشای گوت: «با گەورەم تاوانم لەسەر نەژمێرێت، ئەو هەڵەیەی خزمەتکارەکەت لە ڕۆژی چوونەدەرەوەی پاشای گەورەم لە ئۆرشەلیم کردی، بە یادی خۆتی مەهێنەرەوە، با پاشا ئەوە لە دڵی خۆی نەگرێت. ٢٠ لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکەت دەزانێت کە گوناهی کردووە، هەر بۆیە من ئەمڕۆ یەکەم کەسم لە هەموو بنەماڵەی یوسف کە بۆ پێشوازی پاشای گەورەم دابەزیوم.»

٢١ ئەبیشەی کوڕی چەرویاش وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئایا لەبەر ئەمە نابێت شیمعی بکوژرێت؟ چونکە نەفرەتی لە دەستنیشانکراوی یەزدان کردووە؟»

٢٢ داودیش گوتی: «کوڕانی چەرویا، ئەمە چی لەنێوان من و ئێوەدا هەیە؟ هەتا ئەمڕۆ ببنە بەرهەڵستکارم. ئایا ئەمڕۆ کەسێك لە ئیسرائیل بکوژرێت؟ ئایا نازانن من ئەمڕۆ پاشای ئیسرائیلم؟» ٢٣ ئینجا پاشا بە شیمعی گوت: «تۆ نامریت.» پاشا سوێندی بۆ خوارد.

٢٤ هەروەها مەفیبۆشەتی کوڕەزای شاول بۆ پێشوازی پاشا دابەزی، لەو ڕۆژەی پاشا تێیدا ڕۆیشت هەتا ئەو ڕۆژەی بە سەلامەتی هاتەوە، بایەخی بە قاچەکانی و ڕیشی نەدابوو، جلەکانی نەشوشتبوو. ٢٥ ئەوە بوو کاتێك لە ئۆرشەلیم هاتە پێشوازی پاشا، پاشا پێی گوت: «مەفیبۆشەت، بۆچی لەگەڵمدا نەڕۆیشتیت؟»

٢٦ ئەویش گوتی: «گەورەم، پاشا، چیڤای خزمەتکارەکەم هەڵیخەڵەتاندم، لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکەت گوتی: "گوێدرێژێکم بۆ کورتان بکرێت تاوەکو سواری بم و لەگەڵ پاشادا بچم." بەڵام چیڤای خزمەتکارەکەم هەڵیخەڵەتاندم و ٢٧ لەلای پاشای گەورەم بوختانی بەدەم خزمەتکارەکەتەوە کرد. پاشای گەورەشم وەك فریشتەی خودا وایە، جا چیت پێ باشە ئەوە بکە. ٢٨ هەموو بنەماڵەی ئێمە خەڵکانێك بوون شایانی ئەوە بوون کە پاشای گەورەم

بیانکوژێت، تۆش خزمەتکارەکەتت خستە نێو ئەو کەسانەی کە لەسەر خوانەکەت دەخۆن، ئیتر بە چ مافێکەوە جارێکی دیکە هاوار بۆ پاشا بکەم؟»

[٢٩]پاشاش پێی گوت: «بۆچی قسەی زیاد دەکەیت؟ من گوتم تۆ و چیڤا کێڵگەکە لەنێوانتاندا دابەش بکەن.»

[٣٠]مەفیبۆشەتیش بە پاشای گوت: «دوای ئەوەی پاشای گەورەم بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە ماڵەکەی با چیڤا هەمووی بۆ خۆی ببات.»

[٣١]هەروەها بەرزیلەیی گلعادی لە ڕۆگەلیمەوە دابەزی و لە ڕووباری ئوردون لەگەڵ پاشادا پەڕییەوە، بۆ ئەوەی لەلای ڕووباری ئوردون بەڕێی بکات. [٣٢]بەرزیلەی زۆر پیر ببوو، تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، لە ماوەی مانەوەی پاشا لە مەحەنەیم ئەو ئازووقەی بۆ دابین کردبوو، چونکە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو. [٣٣]لەبەر ئەوە پاشا بە بەرزیلەیی گوت: «تۆش بپەڕەوە و لەگەڵم وەرە ئۆرشەلیم، ئازووقەت بۆ دابین دەکەم.»

[٣٤]بەرزیلەییش بە پاشای گوت: «چەند ساڵ لە تەمەنم ماوە تاوەکو لەگەڵ پاشادا سەربکەومە ئۆرشەلیم؟ [٣٥]من ئەمڕۆ تەمەنم هەشتا ساڵە، ئایا دەتوانم چاك و خراپ لە یەك جیا بکەمەوە، ئایا خزمەتکارەکەت چێژ وەردەگرێت لەوەی کە دەیخوات و دەیخواتەوە؟ ئایا گوێم لە دەنگی ژن و پیاوە گۆرانیبێژەکان دەبێت؟ ئیتر بۆچی خزمەتکارەکەت ببێت بە بارگرانی بەسەر پاشای گەورەمەوە؟ [٣٦]خزمەتکارەکەت تەنها کەمێك لە ڕووباری ئوردون بەڕێت دەکات، ئیتر بۆچی پاشا بەم خەڵاتە پاداشتم دەداتەوە؟ [٣٧]لێگەڕێ با خزمەتکارەکەت بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە شارۆچکەکەی خۆمدا لە نزیك گۆڕی دایك و باوکمەوە بمرم، وا کیمهامی خزمەتکارت لەگەڵ پاشای گەورەمدا دەپەڕێتەوە، تۆش چیت پێ باشە ئەوەی لەگەڵدا بکە.»

[٣٨]پاشاش گوتی: «کیمهام لەگەڵمدا دەپەڕێتەوە و ئەوەی تۆ پێت باش بێت لەگەڵیدا دەکەم، ئەوەشی لێم دەخوازیت بۆت دەکەم.»

[٣٩]هەموو گەل لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە، ئینجا پاشاش پەڕییەوە، پاشا بەرزیلەیی ماچکرد و داوای بەرەکەتی بۆ کرد، ئەویش گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی.

[٤٠]کاتێك پاشا پەڕییەوە گلگال، کیمهامیش لەگەڵیدا پەڕییەوە، هەموو سوپای یەهودا و نیوەی سوپای ئیسرائیل پاشایان پەڕاندەوە.

[٤١]ئیتر هەموو پیاوانی ئیسرائیل دەهاتنە لای پاشا، بە پاشایان دەگوت: «بۆچی براکانمان، پیاوانی یەهودا تۆیان دزی، پاشا و ماڵەکەیان لە ڕووباری ئوردون پەڕاندەوە، هەموو پیاوانی داودیش لەگەڵیدا بوون؟»

[٤٢]هەموو پیاوانی یەهوداش وەڵامی پیاوانی ئیسرائیلیان دایەوە و گوتیان: «لەبەر ئەوەی پاشا لە خزمی نزیکی ئێمەیە، ئێوە بەم کارە بەغیلی دەبەن؟ ئایا هیچمان لە پاشا خواردووە، یان هیچی پێ بەخشیوین؟»

[٤٣]پیاوانی ئیسرائیلیش وەڵامی پیاوانی یەهودایان دایەوە و گوتیان: «ئێمە دە ئەوەندەی ئێوە لە پاشا نزیکترین، ئێمە لە داودی پاشا لەپێشترین. ئیتر بۆچی بە سووکایەتییەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکەن؟ ئێمە نەبووین یەکەم جار سەبارەت بە گەڕاندنەوەی پاشاکەمان قسەمان کرد؟»

بەڵام قسەی پیاوانی یەهودا لە قسەی پیاوانی ئیسرائیل ڕەقتر بوو.

## یاخیبوونی شەڤەع لە دژی داود

٢٠ وا ڕێککەوت پیاوێکی گێرەشێوێن لەوێدا بوو، ناوی شەڤەعی کوڕی بیکری بوو، پیاوێکی بنیامینی بوو، فووی بە کەڕەنادا کرد و هاواری کرد:

«ئەی ئیسرائیل، هیچ نزیکایەتییەکمان لەگەڵ
داود نییە،
هیچ میراتێکمان لە کوڕی یەسادا نییە!

هەرکەسە و بۆ چادرەکەی خۆی!»

٢لەبەر ئەوە هەموو پیاوانی ئیسرائیل وازیان لە داود هێنا و بەدوای شەڤەعی کوڕی بیکریدا ڕۆیشتن. بەڵام پیاوانی یەهودا لە ڕووباری ئوردونەوە هەتا ئۆرشەلیم لەگەڵ پاشایاندا مانەوە.

٣کاتێک داود هاتەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی لە ئۆرشەلیم، ئەو دە کەنیزەیەی بۆ پاراستنی کۆشکەکە بەجێی هێشتبوون، بردنی و لە ماڵی دەستبەسەریدا داینان و بەخێوی دەکردن، بەڵام لەگەڵیاندا پاڵ نەکەوت، بەڵکو هەتا ڕۆژی مردنیان بە تەنهایی دەستبەسەر کرابوون.

٤ئینجا پاشا بە عەماسای گوت: «لە سێ ڕۆژدا پیاوانی یەهودام بۆ کۆبکەرەوە و تۆش وەرە ئێرە.» ٥عەماساش بۆ کۆکردنەوەی پیاوانی یەهودا چوو، بەڵام لەو کاتە دواکەوت کە بۆی دیاری کردبوو.

٦داود بە ئەبیشەی گوت: «ئێستا شەڤەعی کوڕی بیکری لە ئەبشالۆم خراپتر دەبێت بۆمان. لەبەر ئەوە تۆ خزمەتکارەکانی گەورەت ببە و دوای بکەوە، نەوەک چەند شارێکی قەڵابەند بۆ خۆی پەیدا بکات و لەبەرچاومان ون بێت.» ٧ئیتر پیاوەکانی یۆئاب و کریتی و پەلەتی و هەموو پاڵەوانەکان بە فەرماندەیی ئەبیشەی بۆ ڕاوانی شەڤەعی کوڕی بیکری لە ئۆرشەلیمەوە هاتنە دەرەوە.

٨کاتێک لەلای بەردە گەورەکەی گبعۆن بوون، عەماسا بەرەو ڕوویان هات، یۆئابیش زرێیەکەی[a] پۆشیبوو و پشتێنێکیشی لەسەری بەستبوو، خەنجەرەکەشی لەناو کێلانەکەی[b] بوو، لە ناوقەدیەوە بەستبووی. ئینجا کە هاتە پێش، خەنجەرەکەی کەوتە خوارەوە.

٩یۆئاب بە عەماسای گوت: «برام، چۆنی؟» جا یۆئاب بە دەستی ڕاستی ڕیشی عەماسای گرت بۆ ئەوەی ماچی بکات. ١٠عەماسایش ئاگای لەو خەنجەرە نەبوو کە لە دەستی یۆئاب بوو، کردی بە سکیدا و هەناوی ڕژایە سەر زەوی، دووبارەی نەکردەوە و مرد. یۆئاب و ئەبیشەی براشی لەدوای شەڤەعی کوڕی بیکری ڕۆیشتن.

١١یەکێک لە خزمەتکارەکانی یۆئاب لەلای عەماسا ڕاوەستا و گوتی: «ئەوەی یۆئابی دەوێت و ئەوەی سەر بە داوەدە با لەدوای یۆئابدا بێت!» ١٢عەماساش لەناوەڕاستی ڕێگاکەدا لەناو خوێندا گەوزابوو، جا کاتێک خزمەتکارەکە بینی هەموو گەل ڕادەوەستن، عەماسای لەسەر ڕێگاکە گواستەوە بۆ ناو کێڵگەکە و پارچە جلێکی بەسەریدا دا، چونکە بینی هەرکەسێک بگاتە سەری ڕادەوەستێت. ١٣کاتێک عەماسا لە ڕێگاکە گواسترایەوە، هەموو پیاوێک دوای یۆئاب کەوت بۆ ڕاوانی شەڤەعی کوڕی بیکری.

١٤شەڤەعیش بەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیلدا تێپەڕی، هەتا ئابێلی بێتمەعکا و هەموو ناوچەی بیرییەکان، ئەوانیش هەمووان کۆبوونەوە و شوێنی کەوتن. ١٥ئینجا ئەو لەشکرەی کە لەگەڵ یۆئاب بوو هاتن و لە ئابێلی بێتمەعکادا شەڤەعییان گەمارۆ دا، سەنگەریان لە دەوری شارەکە لێدا. شارەکە گەمارۆ درا، هەموو ئەو گەلەش کە لەگەڵ یۆئاب بوون سەرگەرمی ڕووخان بوون بۆ ڕووخاندنی شووراکە، ١٦لەو کاتەدا ژنێکی دانا لە شارەکەوە هاواری کرد: «گوێ بگرن! گوێ بگرن! بە یۆئاب بڵێن، وەرە پێشەوە بۆ ئێرە، هەتا قسەی لەگەڵدا بکەم.» ١٧ئەویش چووە پێشەوە بۆ لای، ژنەکەش پرسی: «تۆ یۆئابی؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «من ئەوم.»

ژنەکە پێی گوت: «گوێ لە قسەی کارەکەرەکەت بگرە.»

ئەویش گوتی: «گوێم گرتووە.»

١٨ژنەکە گوتی: «پێشینان ئاوایان دەگوت: ”لە ئابێل دەپرسن،“ بەو شێوەیە کۆتاییان بە کێشەکە دەهێنا. ١٩ئێمە لەنێو شارەکانی ئیسرائیلدا ئاشتیخواز و دڵسۆزین، تۆش هەوڵی لەناوبردنی شارێک دەدەیت کە لە ئیسرائیلدا دایکانەیە؟ بۆچی میراتی یەزدان هەڵدەلووشیت؟»

[a] ٨ زرێ: بەرگێکی کانزاییە کە لە کاتی شەڕ دەپۆشرێت.
[b] ٨ کالانەکەی.

[٢٠]یۆئابیش وەڵامی دایەوە و گوتی: «لە من بەدوور
بێت! لە من بەدوور بێت هەڵیبلوشم و تێکی بدەم!
[٢١]شتەکە بەو شێوەیە نییە، چونکە پیاوێك لە ناوچە
شاخاوییەکانی ئەفرایمەوە کە ناوی شەڤەعی کوڕی
بیکرییە دەستی لە داودی پاشا بەرز کردووەتەوە،
بە تەنها ئەو بدەن بەدەستەوە و لە شارەکە دوور
دەکەومەوە.»

ژنەکەش بە یۆئابی گوت: «سەری ئەو لە
شووراکەوە بۆت هەڵدەدرێت.»

[٢٢]ئینجا ئافرەتەکە بە داناییەکەی خۆی چوو بۆ
لای هەموو گەل و ئەوانیش سەری شەڤەعی کوڕی
بیکرییان لێکردەوە و بۆ یۆئابیان فڕێدا. ئەویش
فووی بە کەڕەنادا کرد و لە شارەکە دوورکەوتنەوە،
هەرکەسە و بۆ چادرەکەی. یۆئابیش گەڕایەوە بۆ
ئۆرشەلیم بۆ لای پاشا.

[٢٣]یۆئابیش سەرکردەی هەموو سوپای ئیسرائیل
بوو؛ بەنایای کوڕی یەهۆیاداعیش فەرماندەی
کریتییەکان[a] و پەلەتییەکان بوو؛ [٢٤]ئەدۆنیرام
سەرپەرشتیاری بێگاری بوو؛ یەهۆشافاتی کوڕی
ئەحیلودیش تۆمارکار بوو؛ [٢٥]شێڤا خامەی نهێنی
بوو؛ سادۆق و ئەبیاتاریش کاهین بوون، [٢٦]هەروەها
عیرای یائیریش کاهینی داود بوو.

## تۆڵەسەندنەوەی داود بۆ گبعۆنییەکان

٢١ لە سەردەمی پاشایەتی داود سێ ساڵ
لەدوای یەك قاتوقڕی هەبوو، داودیش
پرسیاری لە یەزدان کرد و یەزدانیش فەرمووی:
«بەهۆی شاول و ماڵە خوێنڕێژەکەیەتی، لەبەر
ئەوەی گبعۆنییەکانی کوشت.»

[٢]پاشا گبعۆنییەکانی بانگکرد و لەگەڵیاندا دوا.
گبعۆنییەکان لە نەوەی ئیسرائیل نەبوون، بەڵکو لە
پاشماوەی ئەمورییەکان بوون و نەوەی ئیسرائیل
سوێندیان بۆ پەیمانی ئاشتی خواردبوو، بەڵام شاول
بەهۆی دڵگەرمی بۆ ئیسرائیل و یەهودا هەوڵی
لەناوبردنی دان. [٣]جا داود بە گبعۆنییەکانی گوت:
«چیتان بۆ بکەم و بە چی کەفارەت بکەم تاوەکو
داوای بەرەکەت بۆ میراتی یەزدان بکەن؟»
[٤]گبعۆنییەکانیش وەڵامیان دایەوە: «بۆمان
نییە داوای زێڕ و زیو لە شاول و ماڵەکەی بکەین،
هەروەها بۆشمان نییە کەس لە ئیسرائیلدا بکوژین.»

داودیش گوتی: «هەرچی بڵێن بۆتان دەکەم.»

[٥]ئەوانیش بە پاشایان گوت: «ئەو پیاوەی کە قڕی
کردین و پیلانی لە دژمان گێڕا هەتا لەناومان ببات
و لە هەموو سنوورەکانی ئیسرائیلدا نەمێنینەوە،
[٦]با حەوت پیاومان لە کوڕەکانی پێبدرێت، تاوەکو
بۆ یەزدان هەڵیانواسین، لە گیڤعای شاولی
هەڵبژێردراوی یەزدان.»

پاشاش گوتی: «من پێتان دەدەم.»

[٧]پاشا دەستی لە مەفیبۆشەتی کوڕی یۆناتانی
کوڕی شاول پاراست، لەبەر ئەو سوێندەی یەزدان
کە لەنێوان داود و یۆناتانی کوڕی شاول هەبوو.
[٨]بەڵام پاشا ئەمانەی برد: ئەرمۆنی و مەفیبۆشەت،
هەردوو کوڕەکەی ڕیچپای کچی ئەییا کە لە شاول
ببووی، لەگەڵ هەر پێنج کوڕەکەی مێرەڤی کچی
شاول کە لە عەدرئێلی کوڕی بەرزیلەیی مەحۆلاتی
ببووی. [٩]کوڕەکانی دایە دەست گبعۆنییەکان،
ئەوانیش لەسەر چیا لەبەردەم یەزداندا بە کوژراوی
هەڵیانواسین، هەر حەوتیان پێکەوە کەوتن، لە
ڕۆژانی دروێنە لە سەرەتای دەستپێکردنی دروێنەی
جۆ کوژران.

[١٠]ڕیچپای کچی ئەییا گوشێکی[b] برد و لەسەر
بەردێك بۆ خۆی ڕایخست. هەر لە سەرەتای دروێنەدا
هەتا ئەو کاتەی باران لە ئاسمان باری نەیهێشت نە
باڵندەی ئاسمان لە ڕۆژ و نە ئاژەڵی کێوی لە شەو
دابەزنە سەر تەرمەکانیان. [١١]ئیتر ئەوەی ڕیچپای
کچی ئەییا کەنیزەکەی شاول کردی بە داود ڕاگەیەنرا،
[١٢]داودیش چوو و ئێسکەکانی شاول و ئێسکەکانی
یۆناتانی کوڕی لەلای دانیشتووانی یاڤێش گلعاد
هێنا، ئەوانەی لە گۆڕەپانی بێتشانەوە دزیبوویان،

[a] ٢٣ بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٤:٣٠.

[b] ١٠ ڕیشاڵێکی ڕووەکییە کە لەو سەردەمەدا بەرگی ماتەمی لێ دروستدەکرا.

لەو شوێنەدا کە فەلەستییەکان ئەو ڕۆژەی کە لە
شاولیان دا لە گلبۆع هەڵیانواسیبوون. ١٣داود لەوێوە
ئێسکەکانی شاول و یۆناتانی کوڕی هێنا و ئێسکی
هەڵواسراوەکانیشی کۆکردەوە.
١٤ئینجا ئێسکەکانی شاول و یۆناتانی کوڕیان لە
زەوی بنیامین لە چێلاع لەناو گۆڕەکەی قیشی باوکی
ناشت و هەموو ئەو شتانەی پاشا فەرمانی پێدابوو
کردیان. پاش ئەوە خودا وەڵامی ئەو پاڕانەوەی
دایەوە کە لە پێناوی زەوییەکە کرا.

## جەنگی دیکە لەگەڵ فەلەستییەکان

١٥جارێکی دیکە جەنگ لەنێوان فەلەستییەکان
و ئیسرائیلدا بەرپابوو، داود لەگەڵ خزمەتکارەکانی
دابەزین و لە دژی فەلەستییەکان جەنگان، داود
شەکەت بوو. ١٦جا یەشبی بەنۆڤ کە یەکێك بوو لە
نەوەی ڕافا و کێشی ڕمەکەی سێ سەد شاقل برۆنز[a]
بوو، شمشێرێکی نوێی لە کەمەری بەستبوو، گوتی
کە داود دەکوژێت. ١٧بەڵام ئەبیشەی کوڕی چەرویا
بە هانایەوە هات و لە فەلەستییەکەی دا و کوشتی.
ئینجا پیاوەکانی داود سوێندیان بۆ خوارد و گوتیان:
«نابێت جارێکی دیکە بۆ جەنگ لەگەڵمان بێیتە
دەرەوە، نەوەك چرای ئیسرائیل بکوژێنرێتەوە.»
١٨پاش ئەمانە جەنگێکی دیکە لەگەڵ
فەلەستییەکان لە گۆڤ هەڵگیرسا، لەو کاتەدا
سیبەخەیی حوشاتی، سەفی کوشت کە یەکێك بوو
لە نەوەی ڕافا.
١٩جارێکی دیکەش لەگەڵ فەلەستییەکان لە گۆڤ
جەنگ هەڵگیرسایەوە، ئەلحانانی کوڕی یاعیری
بێتلەحمی برای گۆلیاتی گەتی[b] کوشت، دەسکی
ڕمەکەی وەك نۆردی جۆلاکان بوو.
٢٠دیسان لە گەت جەنگ هەڵگیرسایەوە، پیاوێکی
زەبەلاح هەبوو هەر پەلێکی شەش پەنجەی هەبوو،
بیست و چوار پەنجەی هەبوو، ئەویش هەر لە
نەوەی ڕافا بوو. ٢١کاتێك سووکایەتی بە ئیسرائیل
کرد، یۆناتانی کوڕی شیمەعای برای داود کوشتی.
٢٢ئەو چوارە لە نەوەی ڕافا بوون لە گەت، بە
دەستی داود و خزمەتکارەکانی کوژران.

## سروودی داود بۆ ستایشی خودا

٢٢ داود ئەم سروودەی بۆ یەزدان گوت،
دوای ئەوەی یەزدان لە دەستی هەموو
دوژمنەکانی و لە دەستی شاول ڕزگاری کرد. ٢گوتی:

«یەزدان تاشەبەردی منە، قەڵا و دەربازکەرمە،
٣ خودام ئەو تاشەبەردەیە کە پەنای بۆ دەبەم،
قەڵغان و هێزی ڕزگاریمە،
پەناگا و حەشارگەمە، ڕزگارکەری منە،
لە ستەم ڕزگارم دەکات.

٤ «لە یەزدان دەپاڕێمەوە، ئەوەی کە شایانی
ستایشە،
لە دوژمنەکانم ڕزگار دەبم.
٥ شەپۆلی مەرگ منی پێچایەوە،
لێشاوی لەناوچوون زەندەقی بردم.
٦ پەتی جیهانی مردووان بە دەورمدا تەنراوە،
داوی مردن لەبەردەمم دانراوە.

٧ «لە تەنگانەمدا لە یەزدان پاڕامەوە،
هاوارم بردە بەر خودام،
لە پەرستگاکەیەوە گوێی لە دەنگی من بوو،
گوێی لە هاوارم بوو.
٨ ئینجا زەوی لەرزی و هەژا،
بناغەکانی ئاسمان ڕاژەنین،
لە تووڕەیی ئەو لەرزین.
٩ دووکەڵ لە لووتی بەرزبووەوە،
ئاگرێکی لووشدەر لە دەمی هاتە دەرەوە،
وەك ژیلەمۆی پشکۆی داگیرساو بوو.
١٠ ئاسمانی لێککردەوە و دابەزییە خوارەوە،
هەوری تاریك لەژێر پێی بوو.

---

[a] ١٦ سێ سەد شاقل برۆنز: نزیکەی ٣,٥ کیلۆگرام.

[b] ١٩ هەرچەندە لە ١ پوختەی مێژوو ٢٠:٥ نووسراوە کە ئەلحانان (لەحمی)ی برای گۆلیاتی کوشت، بەڵام دەشێت چەند جەنگاوەرێکی فەلەستی هەبێت کە ناویان گۆلیات بووبێت.

[١١] سواری کەڕوب[a] بوو و فڕی،
بەسەر باڵی بادا بەرزبووەوە.
[١٢] تاریکی کردە ڕەشماڵ لە دەوری خۆی،
هەوری تاریکی پڕ بارانی ئاسمان.
[١٣] لە ڕۆشنایی ئامادەبوونی ئەو
پشکۆ ئاگرەکان داگیرسان.
[١٤] یەزدان لە ئاسمانەوە گرماندی،
ئەو خودایەی هەرەبەرزە دەنگی خۆی
لەرزاندەوە.
[١٥] تیرەکانی هاویشت و بڵاوەی بە دوژمنەکانی کرد،
بە بروسکەی گەورە پەرێشانی کردن.
[١٦] بنی دەریا دەرکەوت،
بناغەکانی زەوی ئاشکرا بوون،
لە سەرزەنشتی یەزدان،
لە گەرمی هەناسەی لووتی.

[١٧] «لە بەرزاییەوە دەستی درێژکرد و منی گرت،
لەناو ئاوە قووڵەکانەوە دەریهێنام.
[١٨] لە دوژمنە بە تواناکەم ڕزگاری کردم،
لە ناحەزەکانم کە زۆر لە من بەهێزتر بوون.
[١٩] لە ڕۆژی لێقەومانم هاتنە سەرم،
بەڵام یەزدان پشت و پەنام بوو.
[٢٠] منی هێنایە دەرەوە بۆ جێگایەکی پان و بەرین،
ڕزگاری کردم، چونکە دڵخۆشە پێم.

[٢١] «یەزدان بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی
داومەتەوە،
بەگوێرەی دەستپاکیم ڕێزداری کردووم.
[٢٢] چونکە من ڕێچکەی یەزدانم گرتووەتەبەر،
لە خودای خۆم یاخی نەبووم.
[٢٣] هەموو حوکمەکانی لەبەرچاومدان،
لە فەرزەکانی لام نەداوە.
[٢٤] لەبەردەمی ئەو بێ کەموکوڕی بووم و
خۆم لە گوناە پاراستووە.

[٢٥] یەزدان بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی
داومەتەوە،
بەگوێرەی دەستپاکیم لەبەردەمی.

[٢٦] «لەگەڵ دڵسۆزەکان دڵسۆزی دەنوێنیت،
لەگەڵ ئەوانەی بێ کەموکوڕین چاکی
دەنوێنیت،
[٢٧] لەگەڵ پاکەکان پاکی دەنوێنیت،
بەڵام لەگەڵ خوارەکان زیرەکی دەنوێنیت.
[٢٨] تۆ خەڵکی بێفیز ڕزگار دەکەیت،
بەڵام چاوەکانت لەسەر لووتبەرزانە،
دەیانشکێنیت.
[٢٩] ئەی یەزدان، تۆ چرای منیت،
یەزدان تاریکیم ڕووناك دەکاتەوە.
[٣٠] بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێك تێکبشکێنم،
لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شووراکاندا
سەربکەوم.

[٣١] «ڕێبازی خودا تەواوە،
بەڵێنی یەزدان بێگەردە،
ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ
دەبەن.
[٣٢] چونکە لە یەزدان بەولاوە کێ خودایە؟
لە خودامان بەولاوە کێ تاشەبەردەکەیە؟
[٣٣] خودایە ئەوەی بە هێز پاڵپشتیم دەکات،
بە تەواوی ڕێگام لەبەردەمدا دەکاتەوە.
[٣٤] پێیەکانم وەك پێی ئاسك لێ دەکات،
لەسەر بەرزایی ڕامدەگرێت.
[٣٥] مەشق بە دەستەکانم دەکات بۆ جەنگ،
تاکو بتوانم بە بازووم کەوانی بڕۆنز
بچەمێنمەوە.
[٣٦] تۆ قەڵغانی ڕزگاریی خۆتت پێ بەخشیوم،
هاوکاریت گەورەم دەکات.
[٣٧] جێی هەنگاوەکانم تەخت و فراوان دەکەیت،
تاکو پێم نەخلیسکێت.

[٣٨] «دوژمنەکانم ڕاونا و نابوودم کردن،
هەتا لەناوم نەبردن نەگەڕامەوە.

[a] ١١ کەڕوب: بوونەوەرێکی ئاسمانی باڵدارە. بڕوانە حزقیێل ١٠:٥.

٣٩ لەناوم بردن و وردوخاشم کردن، ئیتر نەیانتوانی
هەستنەوە،
لەژێر پێم کەوتن.
٤٠ کەمەری منت توند کرد بۆ جەنگ،
وات لە بەرهەڵستکارانی من کرد لەبەر پێم
کڕنۆش ببەن.
٤١ دوژمنەکانم پشتیان تێ کردم و ڕایانکرد،
من ناحەزەکانی خۆمم لەناوبرد.
٤٢ هاواریان هێنا، بەڵام ڕزگارکەر نەبوو،
هاواریان بۆ یەزدان برد، بەڵام بە دەنگیانەوە
نەچوو.
٤٣ وەک تۆزی زەوی ئەوانم هاڕی،
وەک قوڕی سەر ڕێگا پێم خستە سەریان و
پێشێلم کردن.

٤٤ «لە هێرشی گەلان ڕزگارت کردم،
تۆ منت بە سەرۆکی نەتەوەکان هێشتەوە.
گەلێک کە نەمدەناسین خزمەتم دەکەن،
٤٥ بێگانەکان ملکەچیم بۆ دەنوێنن،
هەر کە دەنگم دەبیستن گوێڕایەڵم دەبن.
٤٦ بێگانەکان ورە بەر دەدەن و
بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان دێنە دەرەوە.

٤٧ «یەزدان زیندووە، ستایش بۆ تاشەبەردەکەم!
خودای ڕزگارکەرم تاشەبەردەکەیە، پایەبەرزە!
٤٨ خودایە کە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە،
گەلان ملکەچی من دەکات،
٤٩ لە چنگی دوژمنەکانم دەرمدەهێنێت.
پایەبەرزی کردم بەسەر ناحەزانم،
لە دەست کەسە توندوتیژەکان ڕزگارت کردم.
٥٠ لەبەر ئەوە ئەی یەزدان، لەنێو نەتەوەکاندا
ستایشت دەکەم،
گۆرانی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.

٥١ «سەرکەوتنی گەورە بە پاشای خۆی دەبەخشێت،
خۆشەویستی نەگۆڕ بەسەر
دەستنیشانکراوەکەیدا دەبارێنێت،
بۆ سەر داود و نەوەکانی بۆ هەتاهەتایە.»

## دواهەمین وشەکانی داود

٢٣ ئەمانەش دواهەمین وشەکانی داودن:

«پەیامی داودی کوڕی یەسا،
ئەو پیاوەی کە لەلایەن خودای هەرەبەرز
پایەبەرز بووە،
دەستنیشانکراوەکەی خودای یاقوب و
زەبووربێژە دەنگ خۆشەکەی ئیسرائیل:

٢ «ڕۆحی یەزدان لە ڕێگەی منەوە دوا،
وشەکەشی لەسەر زمانم بوو.
٣ خودای ئیسرائیل فەرمووی،
تاشەبەردەکەی ئیسرائیل[a] لەگەڵ من دوا:
”کاتێک کەسێک بە ڕاستودروستی فەرمانڕەوایەتی
خەڵک دەکات،
کاتێک بە لەخواترسییەوە فەرمانڕەوایەتی
دەکات،
٤ ئەوا وەک ڕووناکی بەیانە لە کاتی خۆرهەڵاتن
لە بەیانییەکی ساماڵ،
وەک ڕووناکی بێگەردی پاش بارانە
کە گیای تازە لە زەوییەوە دەهێنێتە دەرەوە.“

٥ «ئایا ماڵەکەم لەلای خودا بەم جۆرە نییە؟
چونکە پەیمانێکی هەتاهەتایی لەگەڵ
بەستووم،
کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێکوپێک و مسۆگەرە.
ئایا هەموو ڕزگارییەکەم و
هەموو ئارەزووەکانم ناهێنێتە دی؟
٦ بەڵام بەدکاران هەموویان وەک دڕک فڕێدەدرێن،
کە بە دەست کۆناکرێنەوە.
٧ هەرکەسێک کە خۆی لە دڕکەکان بدات،
ئامێری ئاسن و داری ڕم بەکاردەهێنێت؛
ئەمانە لە شوێنی خۆیاندا بە ئاگر
دەسووتێنرێن.»

---

٣ [a] ناوێکی تایبەتە بە خودای ئیسرائیل کە دڵسۆزی خودا دەردەخات. بڕوانە دواوتار ٣٢:٤-٣١.

## پاڵەوانەکانی داود

٨ئەمانەش ناوی پاڵەوانەکانی داودن:

یۆشێڤ بەشەڤەتی تەحکەمۆنی یەکێك بوو لە سێ پاڵەوانەکەی نێو هێزی تایبەت. ئەو بوو بە ڕمەکەی لە شەڕێکدا هەشت سەد کەسی کوشت.

٩پاش یۆشێڤ، ئەلعازاری کوڕی دۆدایی ئەحۆحی هەبوو، کە یەکێك بوو لە سێ پاڵەوانەکە. ئەو لە پەس دەممیم[a] لەگەڵ داود بوو، کاتێك گاڵتەی بەو فەلەستییانە کرد کە بۆ جەنگ کۆببوونەوە، پیاوانی ئیسرائیلیش پاشەکشەیان کرد. ١٠ئەو هەستا و هەتا دەستی شل بوو لە فەلەستییەکانی دا، دەستی بە شمشێرەکەیەوە نووسا و یەزدانیش لەو ڕۆژەدا ڕزگارییەکی گەورەی ئەنجام دا. کاتێك لەشکرەکەشی بۆ لای ئەلعازار گەڕانەوە هیچ نەمابوو تەنها تاڵانکردن نەبێت.

١١پاش ئەلعازاریش، شەممای کوڕی ئاگێی هاراری دێت. کاتێك فەلەستییەکان لەشکریان لە شوێنی پەڵە نیسکێکدا کۆکردەوە، لەشکری ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵات. ١٢بەڵام شەمما لەناوەڕاستی پەڵە نیسکەکەدا ڕاوەستا و بەرگری کرد و لە فەلەستییەکانی دا، یەزدانیش سەرکەوتنێکی گەورەی پێ بەخشی.

١٣سێ پاڵەوانی هەڵبژاردە لە ڕیزی سی پاڵەوانەکەی هێزی تایبەت لە وەرزی دروێنەدا دابەزین بۆ لای داود لە ئەشکەوتی عەدولام، لەشکری فەلەستییەکانیش لە دۆڵی ڕفایم دامەزرابوون. ١٤لەو کاتەدا داود لە قەڵاکە بوو، سەربازگەی فەلەستییەکانیش لە بێتلەحم بوو. ١٥داود ئاهی هەڵکێشا و گوتی: «کێ لە بیرەکەی بێتلەحم، ئەوەی لەلای دەروازەکەیە ئاوم بۆ دەهێنێت؟» ١٦ئیتر سێ پاڵەوانەکە هێڵی ئۆردوگای فەلەستییەکانیان بەزاند و لە بیرەکەی بێتلەحمەوە ئەوەی لەلای دەروازەکەیە ئاویان هەڵکێشا و هەڵیانگرت، هێنایان بۆ داود، ئەویش نەیویست بیخواتەوە، بەڵکو وەك پێشکەشکراوێك بۆ یەزدان ڕشتی. ١٧گوتی: «ئەی یەزدان، لە من بەدوور بێت ئەمە بکەم. ئەمە خوێنی ئەو پیاوانەیە کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە.» لەبەر ئەوە داود نەیویست بیخواتەوە.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ئازایەتییەکانی سێ پاڵەوانەکە.

١٨ئەبیشەی برای یۆئاب، کوڕی چەروویاش ڕابەری سێ پاڵەوانەکەی هێزی تایبەت بوو. ئەو بە ڕمەکەی لەگەڵ سێ سەد کەس جەنگا و کوشتنی، وەك سێ پاڵەوانەکە ناوبانگی هەبوو. ١٩ئایا ئەو زیاتر لە سێ پاڵەوانەکە ڕێزی لێ نەدەگیرا؟ ئەو بوو بە فەرماندەیان، بەڵام ناوبانگی نەدەگەیشتە سێیەکەی یەکەم.

٢٠بەنایای کوڕی یەهۆیاداعی خەڵکی قەڤچەئێل کوڕێکی بەجەرگ بوو، زۆر قارەمانێتی نواندبوو. هەر ئەو لە دوو شێرە پیاوەکەی مۆئابی دا، هەروەها لە ڕۆژێکی بەفردا دابەزییە ناو چاڵێك و شێرێکی کوشت. ٢١ئەویش بوو کە لە پیاوێکی میسری زەبەلاحی دا، پیاوە میسرییەکە ڕمێکی بەدەستەوە بوو، بەنایاش بە گۆچانێکەوە بۆی دابەزی. ڕمەکەی لە دەستی میسرییەکە ڕفاند و بە ڕمەکەی خۆی کوشتی. ٢٢ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ئازایەتییەکانی بەنایای کوڕی یەهۆیاداع، وەك سێ پاڵەوانەکە ناوبانگی پەیدا کرد. ٢٣لە سی پاڵەوانەکە زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵام ناوبانگی نەگەیشتە سێیەکە، ئیتر داود کردییە بەرپرسی پاسەوانەکانی خۆی.

٢٤ئەمانە لە ڕیزی سی پاڵەوانەکە بوون:
عەساهێلی برای یۆئاب،
ئەلحانانی کوڕی دۆدۆی بێتلەحمی،
٢٥شەممای حەرۆدی،
ئەلیقای حەرۆدی،
٢٦حەلەچی پەلتیی،
عیرای کوڕی عیقێشی تەقۆعی،
٢٧ئەڤیعەزەری عەناتۆتی،
مەڤونەیی حوشاتی،

[a] ٩ بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ١١:١٣.

٢٨ چەلمۆنی ئەحۆحی،
مەهەرەیی نەتۆفاتی،
٢٩ حێلەدی کوڕی بەعەنای نەتۆفاتی،
ئیتەیی کوڕی ڕیڤەی کە خەڵکی گیڤعای
بنیامین،
٣٠ بەنایای پیرعاتۆنی،
هیدەیی شیوەکانی گاعەش،
٣١ ئەبی‌عەلڤۆنی عەرڤاتی،
عەزماڤەتی بەرحومی،
٣٢ ئەلیەحبای شەعەلڤۆنی،
کوڕەکانی یاشێن،
یۆناتانی کوڕی ٣٣ شەممای هاراری،
ئەحیامی کوڕی شاراری هاراری،
٣٤ ئەلیفەلەتی کوڕی ئەحەسبەیی مەعکاتی،
ئەلیعامی کوڕی ئەحیتۆفەلی گیلۆنی،
٣٥ حەسرۆی کەرمەلی،
پەعەرەیی ئەربی،
٣٦ یەگالی کوڕی ناتانی چۆڤائی،
کوڕی هەگری،
٣٧ چەلەقی عەمۆنی،
نەحەرەیی بئێرۆتی کە هەڵگری تفاقەکانی
یۆئابی کوڕی چەرویا بوو،
٣٨ عیرای یەتری،
گارێڤی یەتری و
٣٩ ئوریای حیتی.
هەموویان سی و حەوت کەس بوون.

## سەرژمێری بۆ پێکهێنانی سوپا

٢٤ دووبارە تووڕەیی یەزدان لە ئیسرائیل
جۆشا و داودی لێ هاندان و فەرمووی:
«بڕۆ سەرژمێری ئیسرائیل و یەهودا بکە.»
٢ پاشا بە یۆئاب و بەو فەرماندانەی سوپای گوت
کە لەلای بوون: «ئێستا بەناو هەموو هۆزەکانی
ئیسرائیلدا بگەڕێن، لە دانەوە هەتا بیری شابەع،
جەنگاوەران تۆمار بکەن بۆ ئەوەی ژمارەیان بزانم.»
٣ یۆئابیش بە پاشای گوت: «با یەزدانی
پەروەردگارت جەنگاوەران سەد ئەوەندە زیاتر بکات
و پاشای گەورەم بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت، بەڵام
بۆچی پاشای گەورەم ئەم کارەی پێ باشە؟»
٤ لەگەڵ ئەوەشدا پاشا بڕیارەکەی خۆی بەسەر
یۆئاب و سەرکردەکانی سوپادا سەپاند، ئیتر ئەوان
لەبەردەم پاشا چوونە دەرەوە تاوەکو جەنگاوەرانی
ئیسرائیل تۆمار بکەن.
٥ دوای ئەوەی لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە، لە
نزیکی عەرۆعێر لەلای باشووری شارۆچکەکە کە
لەناو دەربەندەکەیە چادریان هەڵدا. پاشان چوونە
ناو خاکی گاد و دوای ئەوەش بەردەوام بوون هەتا
شارۆچکەی یەعزێر. ٦ پاشان چوونە گلعاد و ناوچەی
تەحتیم حۆدشی و ئینجا چوونە دان یەعەن و
سوڕانەوە بۆ سەیدا. ٧ دوای ئەوە چوونە قەڵای سور
و هەموو شارۆچکەکانی حیڤی و کەنعانییەکان. لە
کۆتاییدا چوونە نەقەبی یەهودا بۆ بیری شابەع.
٨ بەناو هەموو خاکەکەدا گەڕان و دوای نۆ مانگ
و بیست ڕۆژ گەڕانەوە ئۆرشەلیم.
٩ یۆئاب ئەنجامی سەرژمێرییەکەی دایە پاشا:
لە ئیسرائیل هەشت سەد هەزار پیاوی بە توانا لە
بەکارهێنانی شمشێر هەبوون، لە یەهوداش پێنج
سەد هەزار هەبوون.
١٠ پاش سەرژمێریکردنی گەل، داود تووشی ئازاری
ویژدان بوو، بە یەزدانی گوت: «زۆر گوناهم کرد
لەوەی کە کردم. ئێستاش ئەی یەزدان، لە تاوانی
خزمەتکارەکەت خۆشبە، چونکە ڕەفتارێکی زۆر
گێلانەم کرد.»
١١ پێش ئەوەی داود بەیانی لە خەو هەستێت،
فەرمایشتی یەزدان بۆ گادی پێغەمبەر هاتبوو، ئەوەی
پەیامی خودای بە داود ڕادەگەیاند، پێی فەرمووبوو:
١٢ «بڕۆ بە داود بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من
سێ هەڵبژاردە دەخەمە بەردەمت و تۆش یەکێکیان
هەڵبژێرە هەتا جێبەجێی بکەم لەسەرت.“»
١٣ ئیتر گاد چوو بۆ لای داود و پێی گوت: «ئایا لە
خاکەکەتدا سێ ساڵ[a] قاتوقڕیت بەسەربێت؟ یان سێ

[a] ١٣ سێ ساڵ: بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ٢١:١٢،١١.

مانگ لەبەردەم دوژمنەکانت هەڵبێیت و ئەوانیش ڕاوت بنێن؟ یان سێ ڕۆژ دەرد لە خاکەکەتدا بڵاو ببێتەوە؟ ئێستا بزانە و ببینە، چی وەڵامی خودا بدەمەوە کە منی ناردووە.»

[14]داودیش بە گادی گوت: «زۆر لە تەنگانەدام، با بکەوینە دەستی یەزدان، چونکە ئەو بەزەیی زۆرە، بەڵام با نەکەوینە ژێر دەستی مرۆڤەوە.»

[15]لەبەر ئەوە یەزدان لە بەیانییەوە هەتا کاتی دیاریکراو دەردی خستە ناو ئیسرائیلەوە، ئیتر لە دانەوە هەتا بیری شابەع حەفتا هەزار پیاو مردن. [16]فریشتەکە دەستی بۆ ئۆرشەلیم درێژکرد بۆ ئەوەی وێرانی بکات، بەڵام یەزدان کارەساتەکەی ڕاگرت، بەو فریشتەیەی فەرموو کە گەلی لەناودەبرد: «بەسە! ئێستا دەست هەڵبگرە!» لەو کاتەدا فریشتەکەی یەزدان لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی بوو.

[17]کاتێك داود فریشتە لەناوبەرەکەی گەلی بینی، بە یەزدانی گوت: «من گوناه و تاوانم کردووە، بەڵام ئەم مەڕانە چییان کردووە؟ تکایە با سزاکەت بۆ من و بنەماڵەکەم بێت.»

## بنیادنانی قوربانگایەك لەلایەن داودەوە

[18]لەو ڕۆژەدا گاد چوو بۆ لای داود و پێی گوت: «سەربکەوە و لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی قوربانگایەك بۆ یەزدان دابمەزرێنە.» [19]داودیش بەپێی قسەکەی گاد، هەروەك یەزدان فەرمانی دابوو سەرکەوت. [20]کاتێك ئەرەونا تەماشای کرد و بینی وا پاشا و خزمەتکارەکانی دێنە لای، ئەرەونا چووە دەرەوە، کڕنۆشی بۆ پاشا برد و سەری خستە سەر زەوی.

[21]ئەرەونا گوتی: «پاشای گەورەم بۆچی هاتووە بۆ لای خزمەتکارەکەی؟»

داودیش گوتی: «بۆ ئەوەی جۆخینەکەت لێ بکڕم تاکو قوربانگایەك بۆ یەزدان بنیاد بنێم و دەردەکە لە کۆڵ گەل ببێتەوە.»

[22]ئەرەوناش بە داودی گوت: «با پاشای گەورەم ئەوەی بەلایەوە باشە بیبات و بیکاتە قوربانی. تەماشا بکە. ئەوە گا بۆ قوربانی سووتاندن و جەنجەڕ و نیری گایەکان بۆ دار. [23]ئەی پاشا، ئەرەونای خاوەنیان هەمووی دەداتە پاشا.» هەروەها ئەرەونا بە پاشای گوت: «یەزدانی پەروەردگارت لێت ڕازی بێت.»

[24]بەڵام پاشا بە ئەرەونای گوت: «نەخێر، بەڵکو بە نرخ لە تۆی دەکڕم و قوربانی سووتاندنی بە خۆڕایی بۆ یەزدانی پەروەردگارم سەر ناخەم.»

لەبەر ئەوە داود جۆخینەکە و گایەکانی بە پەنجا شاقل زیو[a] کڕی. [25]داود لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان بنیاد نا و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی سەرخست. ئیتر یەزدانیش لەبەر خاکەکە وەڵامی دایەوە و دەردەکە لە ئیسرائیل دوورکەوتەوە.

[a] ٢٤ پەنجا شاقل زیو: نزیکەی ٠،٦ کیلۆگرام.

# یەکەم پاشایان

**کورتە باسێك**

**فەرمانڕەوایەتیکردن بە دادپەروەری و دانایی پشت بە گوێڕایەڵبوون دەبەستێ بە فەرمایشتی خودا، گوێڕایەڵنەبوون و هەڵگەڕانەوە سزای قورسی هەیە.**

هەردوو پەڕتووکی یەکەم و دووەمی پاشایان لە دەقی عیبری لە یەك پەڕتووك پێکهاتووە، بەشێکە لە ئەدەبی پێغەمبەرایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێغەمبەرێکی خودا لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین بە سروشی خودا دایناوە. پەڕتووکی پاشایان باسی سەردەمێکی مێژوویی دەکات کە نزیکەی سێ سەد و پەنجا ساڵی خایاندووە لە حوکمڕانی چەندین پاشای گەلی ئیسرائیل، هەر لەبەر ئەوەش ئەم ناوەی لێنراوە.

ئەم پەڕتووکە بە مردنی داود و جێنشینی سلێمانی کوڕی وەك پاشای گەلی ئیسرائیل دەستپێدەکات، ئینجا بنیادنانی پەرستگا لە ئۆرشەلیم، هەروەها ئەو دابەشبوونەی لەدوای مردنی سلێمان بەسەر شانشینەکەدا هات. شانشینی یەهودا لە باشوور و شانشینی ئیسرائیل لە باکوور سەریانهەڵدا. پەڕتووکەکە کۆتایی دێت بە باسکردنێکی وردی ئەو ململانێیەی لەنێوان ئیلیای پێغەمبەر و ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل هەبوو.

ئەم پەڕتووکە ئامانجێکی هەیە، بە ڕوونی بۆمان دەردەخات کە خودا ویستی خۆی ڕادەگەیەنێت و لە ڕێگای ڕابردووەوە لەگەڵمان دەدوێت، هەروەك لە ڕێگای بەسەرهاتە هاوچەرخەکانیش لەگەڵمان دەدوێت. ئەو ڕووداوانە لەبەر ئەوە تۆمارکراون بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئێمە هەمان هەڵە دووبارە نەکەینەوە. ئەو ململانێیەی لەنێوان ئیلیا و ئەحاڤ بەردەوام بوو بۆمان دەردەخات کە خودا دەست لە ژیانی مرۆڤ وەردەدات و گرنگی بە کاروباری مرۆڤ دەدات.

## یاخیبوونی ئەدۆنیا

1 داودی پاشا پیر بوو و تەمەنی گەورە بوو، هەرچەندە بە جلوبەرگ دایاندەپۆشی گەرم نەدەبووەوە. [2]ئینجا خزمەتکارەکانی پێیان گوت: «با بەدوای کچێکی پاکیزەدا بگەڕێین و بیهێنین بۆ پاشای گەورەمان، تاکو خزمەتی پاشا بکات و بایەخی پێبدات، لە باوەشیدا پاڵ بکەوێت، هەتا پاشای گەورەمان گەرم بێتەوە.»

[3]ئینجا لە هەموو ناوچەکانی ئیسرائیل بەدوای کچێکی جواندا گەڕان، ئەبیشەگی شونەمییان دۆزییەوە و بۆ پاشایان هێنا. [4]کچەکە زۆر جوان بوو، چاودێری پاشای دەکرد و خزمەتی دەکرد، بەڵام پاشا لەگەڵی جووت نەبوو.

[5]ئەدۆنیای کوڕی داود کە لە حەگیسی ژنی بوو، ڕاست بووەوە و گوتی: «من دەبمە پاشا.» گالیسکە و ئەسپ سواری بۆ خۆی ئامادە کرد، لەگەڵ پەنجا پیاو کە لەپێشیەوە ڕایاندەکرد. [6]باوکی هیچ کاتێك سەرزەنشتی نەکردبوو پێی بڵێ، «بۆچی وات کردووە؟» هەروەها زۆر قۆز بوو. دایکی لەدوای ئەبشالۆم ئەوی ببوو.

[7]ئەدۆنیا لەگەڵ یۆئابی کوڕی چەرویا و ئەبیاتاری کاهین قسەی کرد، ئەوانیش پشتگیرییان کرد. [8]بەڵام سادۆقی کاهین و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و ناتانی پێغەمبەر و شیمعی و ڕێعی و پاڵەوانەکانی داود، لەگەڵ ئەدۆنیا نەبوون.

[9]ئیتر ئەدۆنیا لەلای بەردی زۆحەلەت ئەوەی لەتەنیشتی کانی ڕۆگێلە، مەڕ و مانگا و گوێرەکەی قەڵەوی سەربڕی. هەموو براکانی، واتە کوڕەکانی پاشا، لەگەڵ هەموو پیاوانی یەهودا کە خزمەتکاری پاشا بوون بانگهێشتی کردن. [10]بەڵام ناتانی پێغەمبەر و بەنایا و پاڵەوانەکان و سلێمانی برای بانگهێشت نەکرد.

[11]پاشان ناتان بە بەتشەبەعی دایکی سلێمانی گوت: «نەتبیستووە کە ئەدۆنیای کوڕی حەگیس

بووەتە پاشا و داودی گەورەشمان بەمە نازانێت؟ [١٢]ئێستاش وەرە ئامۆژگارییەکی باشت بکەم، تاکو گیانی خۆت و گیانی سلێمانی کوڕت بپارێزیت. [١٣]بڕۆ ژوورەوە بۆ لای داودی پاشا و پێی بڵێ: ”ئەی پاشای گەورەم، ئایا تۆ سوێندت بۆ کەنیزەکەت نەخوارد و گوتت، کە سلێمانی کوڕت لەدوای خۆت دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟ ئیتر بۆچی ئەدۆنیا بووەتە پاشا؟“ [١٤]لەو کاتەدا کە تۆ هێشتا لەوێ قسە لەگەڵ پاشا دەکەیت، من لەدوای تۆوە دێمە ژوورە و پشتگیری لە قسەکەت دەکەم.»

[١٥]پاش ئەوە بەتشەبەع چوو بۆ لای پاشا لە ژووری نوستنەکەی، پاشا زۆر پیر ببوو، ئەبیشەگی شونەمیش خزمەتی پاشای دەکرد. [١٦]بەتشەبەع بەچۆکدا هات و کڕنۆشی بۆ پاشا برد.

پاشاش پێی گوت: «چیت دەوێ؟»

[١٧]ئەویش پێی گوت: «گەورەم تۆ سوێندت بە یەزدانی پەروەردگارت خوارد بۆ کەنیزەکەت و گوتت کە سلێمانی کوڕت لەدوای خۆت دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت. [١٨]ئەی پاشای گەورەم، بەڵام وا ئەدۆنیا بووەتە پاشا، تۆش لەوە بێئاگای. [١٩]ئەو گا و دابەستە و مەڕێکی زۆری سەربڕیوە، هەموو کوڕەکانی پاشا و ئەبیاتاری کاهین و یۆئابی فەرماندەی گشتی سوپای بانگهێشت کردووە، بەڵام سلێمانی خزمەتکاری تۆی بانگهێشت نەکردووە. [٢٠]ئەی پاشای گەورەم، هەموو ئیسرائیل چاوەڕێی تۆ دەکەن هەتا پێیان ڕابگەیەنیت کێ لەدوای پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. [٢١]ئەگینا کاتێك پاشای گەورەم لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، من و سلێمانی کوڕم بە تاوانبار هەژمارد دەکرێین.»

[٢٢]هێشتا ئەو قسەی لەگەڵ پاشا دەکرد، ناتانی پێغەمبەر هات. [٢٣]بە پاشایان ڕاگەیاند و گوتیان: «ناتانی پێغەمبەر لێرەیە.» ئینجا چووە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا، کڕنۆشی بۆ پاشا برد و سەری خستە سەر زەوی.

[٢٤]ناتان گوتی: «پاشای گەورەم، ئایا تۆ ڕاتگەیاندووە کە ئەدۆنیا لەپاش تۆ دەبێتە پاشا، ئەو لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟ [٢٥]چونکە ئەو ئەمڕۆ چووە خوارەوە، گا و دابەستە و مەڕێکی زۆری سەربڕیوە. هەموو کوڕانی پاشا و سەرکردەکانی سوپا و ئەبیاتاری کاهینی بانگهێشت کردووە. ئێستا لەبەردەمی ئەو دەخۆن و دەخۆنەوە و دەڵێن: ”بژی ئەدۆنیای پاشا!“ [٢٦]بەڵام منی خزمەتکارت و سادۆقی کاهین و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و سلێمانی خزمەتکاری تۆی بانگهێشت نەکردووە. [٢٧]ئایا ئەم کارە لەلای پاشای گەورەمەوەیە، ئەی بە خزمەتکارانی خۆتت نەفەرمووە کێ لەدوای پاشای گەورەم لەسەر تەختەکەت دادەنیشێت؟»

## داود سلێمان دەکاتە پاشا

[٢٨]داودی پاشا وەڵامی دایەوە و گوتی: «بەتشەبەعم بۆ بانگ بکەن.» ئەویش هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، لەبەردەم پاشا ڕاوەستا.

[٢٩]ئینجا پاشا سوێندی خوارد: «بە یەزدانی زیندوو، ئەوەی گیانی منی لە هەموو تەنگانەیەك کڕییەوە، [٣٠]ئەمڕۆ هەروەك ئەوە دەکەم کە چۆن بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل سوێندم بۆ خواردی و گوتم، کە سلێمانی کوڕت لەپاش من دەبێتە پاشا، ئەو لە شوێنی من لەسەر تەختەکەم دادەنیشێت.»

[٣١]بەتشەبەع سەری دانەواند و کڕنۆشی بۆ پاشا برد، گوتی: «بژی داودی پاشای گەورەم، بۆ هەتاهەتایە!»

[٣٢]داودی پاشا گوتی: «سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر و بەنایای کوڕی یەهۆیاداعم بۆ بانگ بکەن.» ئەوانیش هاتنە ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا. [٣٣]پاشا پێی گوتن: «خزمەتکارەکانی گەورەتان لەگەڵ خۆتان ببەن، سلێمانی کوڕم سواری هێسترەکەی خۆم بکەن و بیبەنە خوارەوە بۆ گیحۆن. [٣٤]با سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر لەوێ وەك پاشای ئیسرائیل

دەستنیشانی بکەن[a]، فوو بە کەڕەنادا بکەن و
بڵێن: ”بژی سلێمانی پاشا!“ ٣٥ئینجا لەدوای ئەوەوە
سەربکەون، ئەویش دێت و لەسەر تەختەکەم
دادەنیشێت، لە شوێنی من دەبێتە پاشا. من فەرمانم
داوە ئەو ببێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل و یەهودا.»
٣٦بەنایای کوڕی یەهۆیاداع وەڵامی پاشای دایەوە
و گوتی: «ئامین! با یەزدان، خودای پاشای گەورەم
ئەمە بکات. ٣٧هەروەك چۆن یەزدان لەگەڵ پاشای
گەورەم بوو، بەو شێوەیەش لەگەڵ سلێمانیش بێت،
تەختەکەشی لە تەختی داودی پاشای گەورەم مەزنتر
بکات!»

٣٨ئیتر سادۆقی کاهین و ناتانی پێغەمبەر و
بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و کریتی و پەلەتییەکان[b]
چوونە خوارەوە، سلێمانیان سواری هێسترەکەی
داودی پاشا کرد و بردیانە گیحۆن. ٣٩سادۆقی کاهین
قۆچە زەیتەکەی لە چادرەکەوە برد و سلێمانی پێ
دەستنیشان کرد، ئینجا فوویان بە کەڕەنادا کرد،
هەموو گەل گوتیان: «بژی سلێمانی پاشا!» ٤٠هەموو
گەل لەدوای ئەو سەرکەوتن. گەل شمشاڵیان لێدەدا
و زۆر دڵخۆش بوون، زەوی لەبەر دەنگیان دەلەرزی.
٤١ئەدۆنیا و هەموو بانگهێشتکراوان، ئەوانەی
لەگەڵی بوون، پاش ئەوەی لە خواردن بوونەوە
گوێیان لە دەنگی ئەوان بوو. یۆئاب گوێی لە دەنگی
کەڕەناکە بوو و گوتی: «ئەو دەنگە دەنگە چییە لە
شارەوە دێت؟»
٤٢کاتێك هێشتا قسەی دەکرد، یۆناتانی کوڕی
ئەبیاتاری کاهین هات، ئەدۆنیاش گوتی: «وەرە،
چونکە تۆ پیاوێکی چاکیت، دیارە مژدەی خۆشیت
هێناوە.»
٤٣یۆناتانیش وەڵامی دایەوە و بە ئەدۆنیای
گوت: «بە پێچەوانەوە! داودی پاشای گەورەمان،
سلێمانی کردە پاشا. ٤٤پاشاش سادۆقی کاهین و
ناتانی پێغەمبەر و بەنایای کوڕی یەهۆیاداع و
کریتی و پەلەتییەکانی لەگەڵ ناردووە، سواری
هێسترەکەی پاشایان کردووە. ٤٥سادۆقی کاهین و
ناتانی پێغەمبەریش لە گیحۆن بە پاشا دەستنیشانیان
کردووە[c]، لەوێشەوە بە خۆشییەوە سەرکەوتوون
و شار خرۆشاوە، ئەمە ئەو دەنگەیە کە گوێتان
لێی دەبێت. ٤٦هەروەها سلێمان لەسەر تەختی
پاشایەتییەکە دانیشتووە. ٤٧خزمەتکارانی پاشاش
بۆ پیرۆزبایی لە داودی پاشای گەورەمان هاتن
و گوتیان: ”با خوداکەت ناوی سلێمان لە ناوی تۆ
ناودارتر بکات، تەختەکەشی لە تەختەکەی تۆ
مەزنتر بکات!“ پاشا لەسەر قەرەوێڵەکەی کڕنۆشی
برد. ٤٨پاشا گوتی: ”ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل، ئەوەی ئەمڕۆ کەسێکی پێداوم کە لەسەر
تەختەکەم دانیشێت و چاوەکانیشم دەیبینێت.“»
٤٩لێرەدا هەموو ئەوانەی ئەدۆنیا بانگی کردبوون
تۆقین و هەستان، هەریەکە بە ڕێگای خۆیدا
ڕۆیشت. ٥٠ئەدۆنیاش لە سلێمان ترسا، هەستا و چوو
دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرت. ٥١ئینجا
بە سلێمان ڕاگەیەنرا: «ئەوەتا ئەدۆنیا لە سلێمانی
پاشا دەترسێت، دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە
گرتووە و دەڵێت: ”با ئەمڕۆ سلێمانی پاشا سوێندم بۆ
بخوات کە خزمەتکارەکەی بە شمشێر ناکوژێت.“»
٥٢سلێمانیش گوتی: «ئەگەر پیاوێکی چاك بێت،
تاڵە موویێکی قژی ناکەوێتە سەر زەوی، بەڵام ئەگەر
خراپەی تێدا بینرا، ئەوا دەکوژرێت.» ٥٣ئینجا سلێمانی
پاشا ناردی و ئەدۆنیایان لە قوربانگاکەوە هێنایە
خوارەوە، ئەویش هات و کڕنۆشی بۆ سلێمانی پاشا
برد، سلێمانیش پێی گوت: «بڕۆوە ماڵەکەی خۆت.»

[a] ٣٤ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح، کە بە واتای چەورکردن بە زەیت دێت وەك دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەك و پێ سپاردنی لەلایەن خوداوە.

[b] ٣٨ کریتییەکان و پەلەتییەکان دوو لەشکری ڕاهێنراو بوون لەسەر مەشقی سەربازی.

[c] ٤٥ عیبری: چەوریان کردووە، بڕوانە یەکەم ساموئێل ٥:١٢ و ١:١٥.

## ڕاسپاردەکانی داود بۆ سلێمان

٢ کاتێك تەمەنی داود لە مردن نزیك بووەوە،
داود ئەرکی بە سلێمانی کوڕی سپارد و گوتی:
٢«من بەو ڕێگایەدا دەڕۆم کە هەموو گیانێکی
زیندووی سەر زەوی پێیدا دەڕوات، جا بەهێزبە و
مەردبە. ٣ئەوە بەجێبهێنە کە پێویستە بۆ یەزدانی
پەروەردگارت بەجێبهێنرێت: ڕێگاکانی ئەو بگرەبەر،
فەرز و فەرمان و حوکم و یاساکانی بەجێبهێنە،
هەروەك لە تەوراتی موسادا نووسراوە، بۆ ئەوەی
سەرکەوتوو بیت لە هەر شتێك کە دەیکەیت و بۆ
هەرکوێیەك کە دەڕۆیت. ٤ئەمە بکە تاوەکو یەزدان
ئەو بەڵێنەی خۆی بهێنێتە دی کە بە منی دا:
”ئەگەر نەوەکانت ڕەوشتی خۆیان بپارێزن، بەوەی
بە دڵسۆزی و بە هەموو دڵ و هەموو گیانیانەوە
دۆستایەتیم بکەن، لەسەر تەختی ئیسرائیل پیاو لە
تۆ نابڕێتەوە.“
٥«هەروەها تۆ خۆت ئەوە دەزانیت کە یۆئابی
کوڕی چەرویا پێی کردم، چی بە دوو فەرماندەی
گشتی سوپای ئیسرائیل کرد، ئەبنێری کوڕی نێر
و عەماسای کوڕی یەتەر. لە کاتی ئاشتی ئەوانی
کوشت، بەو خوێنە پشتێنەکەی کەمەری و
پێڵاوەکانی پێی سوور کرد. ٦ئینجا بە دانایی خۆت
بکە و مەهێڵە بە ئارامییەوە مووە سپییەکانی بۆ ناو
جیهانی مردووان شۆڕ ببێتەوە.
٧«بەڵام چاکە لەگەڵ کوڕانی بەرزیلەیی گلعادی
بکە، با لەنێو ئەوانە بن کە لەسەر خوانەکەت نان
دەخۆن، چونکە کاتێك لە دەست ئەبشالۆمی برات
هەڵاتم پشتیوانییان لێکردم.
٨«لەبیرت بێت شیمعی کوڕی گێرای بنیامینی
خەڵکی بەحوریم لەگەڵ تۆدایە، ئەو ڕۆژەی کە بۆ
مەحەنەیم چووم ئەو بە توندی نەفرەتی لێکردم.
کاتێك بۆ پێشوازیکردنم هاتە خوارەوە بۆ ڕووباری
ئوردون، بە یەزدان سوێندم بۆ خوارد[a] و گوتم: ”بە
شمشێر ناتکوژم.“ ٩بەڵام ئێستا بێتاوانی مەکە. تۆ
پیاوێکی دانایت و دەزانیت چی لێ دەکەیت، مووە
سپییەکانی بە خوێنەوە بخەرە ناو جیهانی مردووان.»
١٠ئینجا داود لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە
شاری داود نێژرا. ١١ئەو ماوەیەش کە داود پاشایەتی
ئیسرائیلی کرد چل ساڵ بوو، حەوت ساڵ لە حەبرۆن
و سی و سێ ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد.
١٢ئیتر سلێمان لەسەر تەختەکەی داودی باوکی
دانیشت و پاشایەتییەکەی بە باشی چەسپا و جێگیر
بوو.

## جێگیربوونی پاشایەتییەکە لە دەستی سلێمان.

١٣پاشان ئەدۆنیای کوڕی حەگیس چوو بۆ لای
بەتشەبەعی دایکی سلێمان و ئەویش لێی پرسی:
«ئایا بۆ ئاشتی هاتوویت؟»
وەڵامی دایەوە: «بۆ ئاشتی.»
١٤پاشان پێی گوت: «قسەیەکم لەگەڵت هەیە.»
ئەویش گوتی: «قسە بکە.»
١٥ئینجا گوتی: «تۆ دەزانیت پاشایەتییەکە هی
من بوو، هەموو ئیسرائیل ڕوویان لە من کرد هەتا
ببمە پاشا، بەڵام پاشایەتییەکە گواسترایەوە و بووە
هی براکەم، چونکە لەلایەن یەزدانەوە بووە هی
ئەو. ١٦ئێستاش یەك داواکاریم لێت هەیە، ڕەتی
مەکەرەوە.»
ئەویش پێی گوت: «بڵێ.»
١٧گوتی: «بە سلێمانی پاشا بڵێ، چونکە ئەو
قسەی تۆ ڕەت ناکاتەوە، با ئەبیشەگی شونەمیم
پێبدات ببێتە ژنم.»
١٨بەتشەبەعیش گوتی: «باشە، من دەربارەی تۆ
قسە لەگەڵ پاشا دەکەم.»
١٩ئینجا بەتشەبەع چووە ژوورەوە بۆ لای سلێمانی
پاشا هەتا دەربارەی ئەدۆنیا قسەی لەگەڵ بکات.
پاشا بۆ پێشوازیکردنی هەستا، کڕنۆشی بۆ برد و
لەسەر تەختەکەی دانیشتەوە، تەختێکیشی بۆ شاژنی
دایك دانا، ئەویش لەلای ڕاستییەوە دانیشت.
٢٠گوتی: «داواکارییەکی بچکۆڵەم لێت هەیە و
قسەکەم ڕەت مەکەرەوە.»

[a] ٨ سوێندم بۆ خوارد: بڕوانە دووەم ساموئێل ١٩:٢٢.

پاشاش پێی گوت: «داوای بکە، چونکە من قسەی تۆ ڕەت ناکەمەوە.»

[٢١] ئەویش گوتی: «ئەبیشەگی شونەمی بدە ئەدۆنیای برات، هەتا ببێتە ژنی.»

[٢٢] سلێمان پاشاش وەڵامی دایکی دایەوە، گوتی: «بۆچی داوای ئەبیشەگی شونەمی بۆ ئەدۆنیا دەکەیت؟ واتا داوای پاشایەتییەکەی بۆ دەکەی، چونکە ئەو برامە و لە من گەورەترە، پاشایەتییەکە بۆ ئەو و ئەبیاتاری کاهین و یۆئابی کوڕی چەرویا بێت!»

[٢٣] ئینجا سلێمانی پاشا سوێندی بە یەزدان خوارد و گوتی: «با خودا توندترین سزام بدات، ئەگەر ئەدۆنیا ئەم قسەیەی لە دژی خۆی نەکردبێت! [٢٤] ئێستاش، بە یەزدانی زیندوو ئەوەی جێگیری کردم و لەسەر تەختی داودی باوکم دایینیشاندم، ئەوەی هەروەك چۆن بەڵێنی دابوو ئاوا ماڵی بۆ دروستکردم. ئەمڕۆ ئەدۆنیا دەمرێت!» [٢٥] سلێمانی پاشا فەرمانی بە بەنایای کوڕی یەهۆیاداع کرد، ئەویش بەسەر ئەدۆنیایدا دا و مرد.

[٢٦] ئینجا پاشا بە ئەبیاتاری کاهینی گوت: «بڕۆ بۆ کێڵگەکانت لە عەناتۆت، چونکە تۆ شایانی سزای مردنیت، بەڵام من ئەمڕۆ ناتکوژم، چونکە تۆ سندوقی یەزدانی باڵادەستت لەپێش داودی باوکم هەڵدەگرت، تۆ لە هەموو ماندووبوونەکانی باوکم بەشدار بوویت.» [٢٧] جا سلێمان ئەبیاتاری لە کاهینییەتی بۆ یەزدان دەرکرد، بۆ هێنانەدی فەرمایشتی یەزدان، ئەوەی لە شیلۆ[a] دەربارەی بنەماڵەی عێلی گوتبووی.

[٢٨] کاتێك هەواڵەکە گەیشتە یۆئاب، چونکە دوای ئەدۆنیا کەوت، لەگەڵ ئەوەش کە دوای ئەبشالۆم نەکەوتبوو، یۆئاب هەڵات بۆ ناو چادری یەزدان و دەستی بە قۆچەکانی قوربانگاکەوە گرت. [٢٩] بە سلێمانی پاشا ڕاگەیەنرا کە یۆئاب هەڵاتووە بۆ ناو چادری یەزدان و وا لەتەنیشت قوربانگاکەیە. ئینجا سلێمان بەنایای کوڕی یەهۆیاداعی نارد و پێی گوت: «بڕۆ و بیکوژە!»

[٣٠] بەنایاش هاتە ناو چادری یەزدان و پێی گوت: «پاشا دەڵێت: "وەرە دەرەوە!"»

ئەویش گوتی: «نەخێر، بەڵکو لێرە دەمرم.»

بەنایاش وەڵامی بۆ پاشا گەڕاندەوە و گوتی یۆئاب ئاوای گوت و ئاوا وەڵامی دامەوە.

[٣١] پاشاش فەرمانی بە بەنایا کرد: «ئەوە بکە کە گوتی، بیکوژە و بینێژە، ئەو خوێنە بێتاوانە لەسەر خۆم و ماڵی باوکم لاببە کە یۆئاب ڕشتی. [٣٢] یەزدان خوێنی خۆی خستە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوەی بەسەر دوو پیاوی دادا لە خۆی ڕاستودروستتر و چاکتر، بەبێ زانیاری داودی باوکم ئەوانی بە شمشێر کوشت. ئەوانیش ئەبنێری کوڕی نێری فەرماندەی گشتی سوپای ئیسرائیل و عەماسای کوڕی یەتەری فەرماندەی گشتی سوپای یەهودا بوون. [٣٣] با هەتاهەتایە خوێنەکەیان لە ئەستۆی یۆئاب و نەوەکانی بێت، بۆ داود و نەوەکانی و ماڵەکەی و تەختەکەشی هەتاهەتایە لەلایەن یەزدانەوە ئاشتییان بۆ دەبێت.»

[٣٤] لەبەر ئەوە بەنایای کوڕی یەهۆیاداع چوو بەسەر یۆئابی دادا و کوشتی، لە ماڵەکەی خۆی لە دەشتودەر ناشتی. [٣٥] پاشاش بەنایای کوڕی یەهۆیاداعی لە جێی یۆئاب لەسەر سوپا دانا، هەروەها پاشا سادۆقی کاهینی لە جێی ئەبیاتار دانا.

[٣٦] ئینجا پاشا بەدوای شیمعیدا نارد، بانگی کرد و پێی گوت: «لە ئۆرشەلیم ماڵێك بۆ خۆت بنیاد بنێ و لەوێ نیشتەجێ بە، لەوێوە بۆ ئەم لا و ئەو لا دەرمەچو. [٣٧] باش بزانە، ئەو ڕۆژەی بچیتە دەرەوە و لە دۆڵی قدرۆن بپەڕیتەوە ئەوا بێگومان دەمریت، خوێنی خۆشت لە ئەستۆی خۆت دەبێت.»

[٣٨] شیمعیش بە پاشای گوت: «ئەم قسەیە باشە، ئەوەی پاشای گەورەم گوتی، خزمەتکارەکەت وا دەکات.» ئیتر شیمعی ماوەیەکی درێژ لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوو.

[٣٩] بەڵام سێ ساڵ دوای ئەوە، دوو کۆیلەی شیمعی

[a] ٢٧ بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢:٣٣.

بۆ لای ئاخیشی کوڕی مەعکای پاشای گەت هەڵاتن. جا بە شیمعییان ڕاگەیاند، «وا دوو کۆیلەکەت لە گەتن.» [٤٠]شیمعیش هەستا و کورتانی لە گوێدرێژەکەی بەست و چوو بۆ گەت بۆ لای ئاخیش، بۆ گەڕان بەدوای کۆیلەکانی. شیمعی چوو هەردوو کۆیلەکەی لە گەتەوە هێنایەوە.

[٤١]ئینجا بە سلێمان ڕاگەیەنرا کە شیمعی لە ئۆرشەلیمەوە چووە بۆ گەت و گەڕاوەتەوە. [٤٢]پاشاش ناردی و شیمعی بانگکرد، پێی گوت: «ئەی من بە یەزدان سوێندم نەدایت، ئاگادارم نەکردیتەوە و گوتم: "باش بزانە ئەو ڕۆژەی کە لێرە بچیتە دەرەوە و بە ئەم لا و ئەو لا بڕۆیت، دڵنیابە کە دەمریت"؟ تۆش پێت گوتم: "ئەم قسەیە باشە و گوێڕایەڵی دەبم." [٤٣]ئەی بۆچی سوێندەکەی یەزدانت نەپاراست لەگەڵ ئەو فەرمانەی فەرمانم پێکردیت؟»

[٤٤]هەروەها پاشا بە شیمعی گوت: «تۆ هەموو ئەو خراپەیە دەزانیت کە دڵت دەیزانێت، ئەوەی دەرهەق بە داودی باوکی منت کرد، یەزدانیش خراپەکەت بەسەر خۆتدا دەهێنێتەوە. [٤٥]بەڵام سلێمانی پاشا بەرەکەتدار دەکرێت و تەختی داودیش هەتاهەتایە لەبەردەم یەزدان جێگیر دەبێت.»

[٤٦]ئینجا پاشا فەرمانی بە بەنایای کوڕی یەهۆیاداع کرد، ئەویش چووە دەرەوە و بەسەر شیمعی دادا و مرد.

پاشایەتییەکەش لە دەستی سلێمان جێگیر بوو.

## داواکردنی دانایی لەلایەن سلێمانەوە

٣ سلێمان خزمایەتی لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر کرد و کچەکەی فیرعەونی هێنا. کچەکەی بردە شاری داود هەتا ئەو کاتەی لە بنیادنانی کۆشکەکەی و پەرستگای یەزدان و شووراکەی چواردەوری ئۆرشەلیم بووەوە. [٢]لەو کاتە گەل لە نزرگەکانی سەر بەرزاییدا[a] قوربانییان سەردەبڕی، چونکە هەتا ئەو ڕۆژانە پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدان دروستنەکرابوو. [٣]سلێمانیش خۆشەویستی بۆ یەزدان دەربڕی بەوەی بەپێی فەرزەکانی داودی باوکی دەڕۆیشت، تەنها ئەوە نەبێت کە لە نزرگەکانی سەر بەرزاییدا قوربانی سەردەبڕی و بخووری دەسووتاند.

[٤]پاشا چوو بۆ گبعۆن هەتا لەوێ قوربانی سەر ببڕێت، چونکە ئەوە گرنگترین نزرگەی سەر بەرزایی بوو، سلێمان هەزار قوربانی سووتاندنی سەرخستە سەر ئەو قوربانگایە. [٥]لە گبعۆن یەزدان لە خەونی شەودا بۆ سلێمان دەرکەوت، خودا پێی فەرموو: «داوا بکە چیت پێ بدەم؟»

[٦]سلێمانیش گوتی: «تۆ لەگەڵ خزمەتکارەکەت، لەگەڵ داودی باوکم چاکەی گەورەت کردووە، بەو شێوەیەی لەبەردەمت هەڵسوکەوتی کرد، بە دڵسۆزی و ڕاستودروستی و دڵڕاستی لەگەڵت. جا ئەم چاکە گەورەیەت بۆ لەبەرچاو گرت و کوڕێکت پێیدا هەتا لەسەر تەختەکەی دابنیشێت وەك ئەمڕۆ.

[٧]«ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگارم، تۆ خزمەتکارەکەتت کردووە بە پاشا لە جێی داودی باوکم، منیش مێردمنداڵێکی بچووکم و شارەزاییم لە ڕابەرایەتیکردن نییە. [٨]خزمەتکارەکەشت لەنێو گەلەکەتدایە ئەوەی هەڵتبژاردووە و ئەو گەلەش گەلێکی زۆرن و لە زۆریدا لە ژمارە نایەن. [٩]ئینجا دڵێکی تێگەیشتووم پێبدە بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی گەلەکەت بکەم، تاکو جیاوازی بکەم لەنێوان چاکە و خراپە، چونکە کێ دەتوانێت فەرمانڕەوایەتی ئەم گەلە گەورەیەت بکات؟»

[١٠]ئەم قسەیە لەلای پەروەردگار باش بوو، کە سلێمان داوای ئەم شتەی کرد. [١١]ئینجا خودا پێی فەرموو: «لەبەر ئەوەی نە ڕۆژگاری زۆرت داوا کرد و نە دەوڵەمەندی بۆ خۆت و نە مەرگی دوژمنەکانت، بەڵکو لێك جیاکردنەوە بۆ تێگەیشتنی دادپەروەری، [١٢]ئەوا من بەپێی داواکارییەکەی تۆ دەکەم. دڵێکی وا دانات پێ دەبەخشم شت لێك جیا بکاتەوە، کە کەس لەمەوبەر وەك تۆ نەبووبێت و لە داهاتووشدا

٢ [a] مەبەست لە هەموو ئەو شوێنە بەرزانەیە کە گەل قوربانی لێ دەکرد، هەرچەندە ئەو شوێنە لەلایەن یەزدانەوە هەڵنەبژێردرابوو. بڕوانە دواوتار ٥:١٢.

کەسێکی وەك تۆ هەڵناکەوێت. [١٣]هەروەها ئەوەی داواشت نەکردبوو پێم بەخشیت، دەوڵەمەندی و پایەداری بە جۆرێك کە بە درێژایی ژیانت هیچ پیاوێك لەناو پاشایان وەك تۆی نەبێت. [١٤]جا ئەگەر بە ڕێگای مندا بڕۆیت بەوەی وەك داودی باوکت فەرز و فەرمانەکانم بەجێبهێنیت، درێژە بە ڕۆژگارت دەدەم.» [١٥]کە سلێمان هەستا، زانی خەونە، هاتە ئۆرشەلیم و لەبەردەم سندوقی پەیمانی پەروەردگار ڕاوەستا و قوربانی سووتاندنی سەرخست و قوربانی هاوبەشی[a] پێشکەش کرد، خوانێکی بۆ هەموو خزمەتکارەکانی ساز کرد.

## بڕیاردانی دانا

[١٦]لەو کاتەدا دوو ژنی لەشفرۆش هاتنە لای پاشا و لەبەردەمی ڕاوەستان. [١٧]یەکێك لە ژنەکان گوتی: «ئەی گەورەم، تکایە، من و ئەم ژنە لە یەك ماڵ دەژین و من لەو ماڵە منداڵم بوو. [١٨]ئەوە بوو لە ڕۆژی سێیەمی لەدایکبوونی منداڵەکەم ئەم ژنەش منداڵێکی بوو، هەردووکمان بە تەنها بووین و لە ماڵەکە هیچ کەسێکی دیکەمان لەگەڵ نەبوو، تەنها هەردووکمان لە ماڵەکە بووین.

[١٩]«شەوێ کوڕەکەی ئەم ژنە مرد، لەبەر ئەوەی خۆی بەسەریدا دابوو. [٢٠]ئیتر لە نیوەی شەو هەستا و کوڕەکەی منی لەتەنیشتمەوە برد، کەنیزەکەشت نوستبوو. کوڕەکەی منی لە باوەشی کرد و کوڕە مردووەکەشی لە باوەشی من دانا. [٢١]بۆ بەیانی کە لە خەو هەستام هەتا شیر بدەمە کوڕەکەم تەماشام کرد مردووە! بەڵام کاتێك لێی ورد بوومەوە تەماشام کرد ئەوە ئەو کوڕە نییە کە من بوومە.»

[٢٢]ژنەکەی دیکەیان گوتی: «نەخێر! زیندووەکە کوڕی منە و مردووەکەش هی تۆیە!»

ئەمەشیان دەیگوت: «نەخێر! مردووەکە هی تۆیە و زیندووەکە هی منە!» بەم شێوەیە لەبەردەم پاشا دەمەقاڵێیان کرد.

[٢٣]پاشاش گوتی: «ئەمیان دەڵێت ”ئەمە کوڕەکەی منە زیندووە و کوڕەکەی تۆ مردووە،“ ئەویشیان دەڵێت ”نەخێر! کوڕەکەی تۆ مردووە و کوڕەکەی من زیندووە!“»

[٢٤]پاشا گوتی: «شمشێرێکم بۆ بهێنن.» ئەوانیش شمشێرێکیان بۆ پاشا هێنا. [٢٥]پاشا گوتی: «منداڵە زیندووەکە بکەنە دوو بەش، نیوەی بدەنە یەکێکیان و نیوەکەی دیکەش بدەن ئەوی دیکەیان.»

[٢٦]ئەو ژنەیان کە کوڕەکەی زیندوو بوو لەبەر ئەوەی هەناوی بۆ کوڕەکەی سووتا بە پاشای گوت: «تکایە، گەورەم، منداڵە زیندووەکەی بدەنێ و مەیکوژن!»

بەڵام ئەوی دیکەیان گوتی: «نە بۆ من دەبێت و نە بۆ تۆ، بیکەنە دوو بەش!»

[٢٧]ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە و گوتی: «کوڕە زیندووەکە بدەنە ژنی یەکەم و مەیکوژن، ئەو دایکییەتی.»

[٢٨]کاتێك هەموو ئیسرائیل ئەو بڕیارەیان بیستەوە کە پاشا دابووی، ترسیان لێ نیشت، چونکە بینییان دانایی خودایی تێدا بوو بۆ پەیڕەوکردنی دادپەروەری.

## کاربەدەست و بریکارەکانی سلێمان

٤ ئیتر سلێمان پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد. [٢]ئەمانەش باڵاترین کاربەدەستانی ئەو بوون:

عەزەریای کوڕی سادۆقی کاهین،
[٣]ئەلیحۆرەف و ئاحییا، دوو کوڕەکەی شیشا، خامەی نهێنی[b] بوون،
یەهۆشافاتی کوڕی ئەحیلود، تۆمارکار.
[٤]بەنایای کوڕی یەهۆیاداعیش سوپاسالار،
سادۆق و ئەبیاتاریش هەردووکیان کاهین بوون.

[a] ١٥ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:١١-١٥.

[b] ٣ ڕازپۆش.

[٥]عەزەریای کوڕی ناتان سەرۆکی بریکارەکان و
زەڤودی کوڕی ناتان، کاهین و یاوەری پاشا بوون.
[٦]ئەحیشار سەرپەرشتیاری کۆشك،
ئەدۆنیرامی کوڕی عەڤدا سەرپەرشتیاری کاری
بێگاری بوو.

[٧]هەروەها سلێمان دوازدە بریکاری لەسەر هەموو ئیسرائیل هەبوو، ئازووقەیان بۆ پاشا و ماڵەکەی دابین دەکرد و ساڵی مانگێك لەسەر هەریەکەیان بوو بۆ دابینکردنی ئازووقە. [٨]ئەمانەش ناوەکانیانە:

بەنحور لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم.
[٩]بەندەقەر لە ماقەچ و شەعەلڤیم و بێتشەمەش
و ئێلۆن بێتحانان.
[١٠]بەنحەسەد لە ئەروبۆت، سۆکۆ و هەموو خاکی
حێفەر سەر بە ئەو بوو.
[١١]بەنئەبیناداب لە هەموو بەرزاییەکانی دۆردا،
تافەتی کچی سلێمانیش بووە ژنی.
[١٢]بەعنای کوڕی ئەحیلود، تەعنەك و مەگیدۆ و
هەموو بێتشان ئەوەی لەتەنیشت چەرەتانە
لە خوار یەزرەعیل، لە بێتشانەوە هەتا ئابێل
مەحوڵا، هەتا ئەو بەری یۆقمەعام.
[١٣]بەنگەڤەر لە ڕامۆتی گلعاد، ئاواییەکانی یائیری
کوڕی مەنەشە، ئەوەی لە گلعادە سەر بە
ئەو بوون، لەگەڵ ناوچەی ئەرگۆڤ ئەوەی
لە باشانە، شەست شاری گەورەی شوورابەند
کە شمشیرەی[a] دەرگاکانی لە بڕۆنز دروستکرا
بوون.
[١٤]ئەحینادابی کوڕی عیدۆ لە مەحەنەیم بوو.
[١٥]ئەحیمەعەچ لە نەفتالی، ئەویش باسمەتی کچی
سلێمانی هێنا ببێتە ژنی.
[١٦]بەعنای کوڕی حوشەی لە ئاشێر و لە عالۆت بوو.
[١٧]یەهۆشافاتی کوڕی پاروەح لە یەساخار بوو.
[١٨]شیمعی کوڕی ئێلا لە بنیامین بوو.
[١٩]گەڤەری کوڕی ئوری لە خاکی گلعاد، خاکی
سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان و عۆگی پاشای
باشان، تاکە بریکار بوو لەسەر ناوچەکە.

## ئازووقەی ڕۆژانەی سلێمان

[٢٠]یەهودا و ئیسرائیل لە زۆریدا وەك لمی سەر
کەناری دەریا بوون، دەیانخوارد و دەیانخواردەوە
و دڵخۆش بوون. [٢١]سلێمان دەسەڵاتدار بوو لەسەر
هەموو پاشایەتییەکان، لە ڕووباری فوراتەوە هەتا خاکی فەلەستییەکان و سنووری میسر، سەرانەیان پێدەدا و بە درێژایی ژیانی خزمەتکاری سلێمان بوون.
[٢٢]ئازووقەی ڕۆژانەی سلێمان، سی کۆڕ[b] لە
باشترین ئارد و شەست کۆڕ[c] بڕوێش، [٢٣]دە گای
قەڵەو و بیست گای لەوەڕگا و سەد مەڕ و بزن،
جگە لە ئاسك و مامز و ئاسکە سوورە و پەلەوەڕی
قەڵەو. [٢٤]لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوا بوو لەسەر
هەموو شانشینەکانی ئەم بەری ڕووباری فورات،
لە تیفسەحەوە هەتا غەزە، لە هەموو لایەکەوە
ئاشتی هەبوو. [٢٥]هەموو سەردەمی سلێمان
یەهودا و ئیسرائیلی هەریەکە لەژێر دار مێو و دار هەنجیرەکەی خۆی بە ئاسوودەیی نیشتەجێ بوون، لە دانەوە هەتا بیری شابەع[d].
[٢٦]سلێمان چوار هەزار ئاخوڕی هەبوو بۆ ئەسپی گالیسکەکانی، لەگەڵ دوازدە هەزار ئەسپ.
[٢٧]ئەم بریکارانە ئازووقەیان دابین دەکرد بۆ
سلێمانی پاشا و هەموو ئەوانەی دەهاتنە سەر
خوانەکەی، هەریەکە و لە مانگی خۆی، ئیتر
پێویستیان بە هیچ نەبوو. [٢٨]جۆ و کاش بۆ ئەسپی گالیسکەکان و ئەسپەکانی دیکە دەهێنران بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دەبوون، هەرکەسە و بەگوێرەی ئەرکی خۆی.

[a] ١٣ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

[b] ٢٢ سی کۆڕ: نزیکەی پێنج تەن.
[c] ٢٢ شەست کۆڕ: نزیکەی دە تەن.
[d] ٢٥ واتە لە باکووری ئیسرائیل هەتا باشوور.

## دانایی سلێمان

[٢٩]خودا دانایی و تێگەیشتنێکی زۆر زۆری دایە
سلێمان، هەروەها مێشکێکی فراوان وەك ئەو لمەی
لەسەر کەناری دەریایە. [٣٠]دانایی سلێمان زیاتر بوو
لە دانایی هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵات و هەموو
دانایی میسرییەکان. [٣١]لە هەموو خەڵك داناتر
بوو، تەنانەت داناتر بوو لە ئێیتانی ئەزراحی و لە
هێیمان و لە کەلکۆل و لە دەردەعی کوڕانی ماحۆل،
ناوبانگیشی لەنێو هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری
بڵاو بووەوە. [٣٢]سێ هەزار پەند و هەزار و پێنج
سروودیشی هەبوو. [٣٣]دەربارەی دارودرەخت قسەی
کردووە، لە دار ئورزەوە ئەوەی لە لوبنانە هەتا ئەو
زوفایەی لەبن دیوار دەڕوێت، هەروەها دەربارەی
ئاژەڵ و باڵندە و خشۆك و ماسیش قسەی کردووە.
[٣٤]لە هەموو گەلانەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لە
دانایی سلێمان، هەموو پاشایانی زەوی کە دەربارەی
داناییەکەی بیستبوویان خەڵکیان دەنارده لای.

## ئامادەکاری بۆ بنیادنانی پەرستگا

٥ کاتێك حیرامی پاشای هەرێمی سور بیستی کە
سلێمانیان دەستنیشان کردووە بۆ پاشایەتی
لە شوێنی باوکی، خزمەتکارەکانی خۆی نارده لای،
چونکە حیرام بە درێژایی ژیانی هاوڕێ و دۆستی
داود بوو. [٢]سلێمانیش ناردی بۆ لای حیرام و گوتی:

[٣]«تۆ دەربارەی داودی باوکم دەزانیت،
کە نەیتوانی پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدانی
خوداکەی بنیاد بنێت، بەهۆی ئەو جەنگانەی
دەوریان دا، هەتا ئەو کاتەی یەزدان
دوژمنەکانی خستە ژێر پێیەوە. [٤]بەڵام ئێستا
یەزدانی پەروەردگارم لە هەموو لایەکەوە
منی حەساندووەتەوە، نە ناحەز هەیە
و نە ڕووداوی خراپ. [٥]لەبەر ئەوە گوتم
پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگارم
بنیاد بنێم، هەروەك چۆن یەزدان بە داودی
باوکمی فەرموو: "کوڕەکەت، ئەوەی لە شوێنی
تۆ لەسەر تەختەکەت دایدەنێم ئەو ماڵەکە بۆ
ناوی من بنیاد دەنێت."
[٦]«ئێستاش فەرمان بدە با دار ئورزم
لە لوبنانەوە بۆ ببڕنەوە، خزمەتکارەکانم
لەگەڵ خزمەتکارەکانت دەبن و کرێی
خزمەتکارەکانت پێدەدەم، بەگوێرەی هەموو
ئەوەی تۆ دەیڵێیت، چونکە تۆ دەزانیت کەس
نییە لەناومان بزانێت وەك سەیدائییەکان دار
ببڕێتەوە.»

[٧]ئەوە بوو کە حیرام گوێی لە قسەکانی سلێمان
بوو، زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: «ئەمڕۆ ستایش بۆ
یەزدان، ئەوەی کوڕێکی داناى دایە داود، هەتا
فەرمانڕەوایەتی ئەم گەلە مەزنە بکات.»
[٨]ئیتر حیرام ناردی بۆ لای سلێمان و گوتی:

«ئەوەی بۆ منت نارد گوێم لێی بوو،
هەرچی ئارەزوو بکەیت ئەوە دەکەم بۆ داری
ئورز و دار سنەوبەرەکان. [٩]خزمەتکارەکانم
لە لوبنانەوە بۆ دەریا دەیانهێنن و منیش
لەسەر دەریا دەیانکەمە کەڵەك، هەتا
ئەو شوێنەی خۆت دیاری دەکەیت لەوێ
هەڵیاندەوەشێنمەوە و تۆش باریان دەکەیت.
بە دابینکردنی نانیش بۆ ماڵەکەم خواستی من
بەجێدەهێنیت.»

[١٠]ئەوە بوو حیرام بەپێی ئارەزووی سلێمان داری
ئورز و سنەوبەری دایێ. [١١]سلێمانیش هەر ساڵێك
بیست هەزار کۆڕ[a] گەنم و بیست هەزار بەت[b]
زەیتی زەیتوونی وەك ئازووقە دەدایە ماڵی حیرام.
[١٢]یەزدانیش هەروەك چۆن بەڵێنی پێدابوو دانایی
دایە سلێمان، ئاشتی لەنێوان سلێمان و حیرام هەبوو،
هەردووکیان پەیمانیان بەست.
[١٣]سلێمانی پاشا لە هەموو ئیسرائیل بێگاری بە سی
هەزار پیاو کرد. [١٤]هەر مانگە و بە نۆبە دە هەزاری
لێیان دەنارده لوبنان، مانگێك لە لوبنان دەبوون و

---

[a] ١١ بیست هەزار کۆڕ: نزیکەی ٣٢٥٠ تەن.
[b] ١١ بیست هەزار بەت: نزیکەی ٤٤٠ هەزار لیتر.

دوو مانگیش لە ماڵەوە، ئەدۆنیرامیش سەرپەرشتیاری کاری بێگار بوو. [١٥]سلێمان حەفتا هەزار بارهەڵگر و هەشتا هەزار نەقاڕی لە چیا هەبوو. [١٦]بێجگە لەمە سلێمان سێ هەزار و سێ سەد سەرکاریشی هەبوو سەرپەرشتی کارەکە و کرێکارەکانیان دەکرد. [١٧]هەروەها پاشا فەرمانی دا کە بەردی گەورە هەڵبکەنن، بەردی نایاب بۆ دامەزراندنی پەرستگاکە بە بەردی تاشراو. [١٨]وەستاکانی سلێمان و حیرام و کرێکارانی شاری جوبەیل[a] دار و بەردەکانیان ئامادە کرد بۆ بنیادنانی پەرستگاکە.

## بنیادنانی پەرستگا

٦ لە چوار سەد و هەشتایەمین ساڵی هاتنە دەرەوەی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر، کە دەکاتە ساڵی چوارەمی پاشایەتی سلێمان لە ئیسرائیل، لە مانگی زیڤ کە مانگی دووە، سلێمان دەستی بە بنیادنانی پەرستگاکەی یەزدان کرد.

[٢]ئەو پیرۆزگایەی سلێمانی پاشا بۆ یەزدان بنیادی نا، درێژییەکەی شەست باڵ[b] و پانییەکەی بیست باڵ[c] و بەرزاییەکەشی سی باڵ[d] بوو. [٣]هەیوانی بەردەم هۆڵی سەرەکی پیرۆزگاکەش درێژییەکەی بەرامبەر بوو بە پانی پیرۆزگاکە، واتە بیست باڵ بوو، پانییەکەشی لەبەردەم پیرۆزگاکەوە دە باڵ بوو[e]. [٤]هەروەها کڵاوڕۆژنەی[f] کەتیبەداری بۆ پیرۆزگاکە دروستکرد. [٥]ئینجا لەسەر دیواری سەر بە هۆڵە سەرەکییەکە و دیواری شوێنەکەی هەرەپیرۆز چەند نهۆمێکی بنیاد نا، واتە لە دەوری دیوارەکانی پیرۆزگاکە، ژووری لاتەنیشت لە دەوریان هەبوو.

[٦]نهۆمی ژێرەوە پانییەکەی پێنج باڵ[g] و نهۆمی ناوەڕاست پانییەکەی شەش باڵ[h] و سێیەمیشیان پانییەکەی حەوت باڵ[i] بوو، بەم شێوەیە لە دەرەوە لێواری لە دەوری پیرۆزگاکە کرد هەتا کاریتەکان نەخاتە ناو دیوارەکان.

[٧]لە کاتی بنیادنانی پەرستگاکەدا بەردی نایابی ئامادەکراو بەکارهێنرا، بەڵام دەنگی چەکوش و تەور و هیچ ئامێرێکی ئاسن لە پەرستگاکە نەبیسترا.

[٨]دالانی نهۆمی ژێرەوە لەلای باشووری پەرستگاکە بوو، بە پەیژەی پێچاوپێچ سەردەکەوتن بۆ ناوەڕاست و لەناوەڕاستیشەوە بۆ نهۆمی سێیەم. [٩]پەرستگاکەی بنیاد نا و تەواوی کرد، بە تەختەداری پان و کاریتەی ئۆرز سەری پەرستگاکەی گرت. [١٠]هەموو ئەو ژوورە لاتەنیشتانەش کە لە دەوری پیرۆزگاکە بنیادی نان، بەرزاییەکەیان پێنج باڵ بوو، بە داری ئۆرز بە پیرۆزگاکەی گەیاندن.

[١١]فەرمایشتی یەزدان بۆ سلێمان هات و فەرمووی: [١٢]«ئەم پەرستگایەی کە تۆ دروستی دەکەیت، ئەگەر بە ڕێگای فەرزەکانمدا بڕۆیت و حوکمەکانم پەیڕەو بکەیت، هەروەها هەموو فەرمانەکانم بەجێبهێنیت بۆ پەیڕەوکردنی، ئەوا ئەو بەڵێنەی بە داودی باوکی تۆم دا لە ڕێگەی تۆوە دەیهێنمە دی. [١٣]هەروەها لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا نیشتەجێ دەبم و ئیسرائیلی گەلم بەجێناهێڵم.»

[١٤]سلێمان پەرستگاکەی بنیاد نا و تەواوی کرد. [١٥]دیواری ناوەوەی پیرۆزگاکە هەتا بنمێچەکەی بە تەختەی داری ئۆرز ڕووپۆش کرد، هەروەها زەمینەکەشی بە تەختەی دار سنەوبەر. [١٦]بیست باڵیشی لە بەشی دواوەی پیرۆزگاکە بە دیوارێك لە تەختەی دار ئۆرز جیا کردەوە، هەتا ببێتە پیرۆزگای ناوەوەی پەرستگاکە، کە شوێنی هەرەپیرۆزە. [١٧]هۆڵە سەرەکییەکە لەبەردەم ئەم ژوورەوە چل

[a] ١٨ شاری جوبەیل شارێکی کۆنە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش، ئەمڕۆ بە دووری ٣٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری بەیروت.

[b] ٢ شەست باڵ: نزیکەی ٢٧ مەتر.

[c] ٢ بیست باڵ: نزیکەی ٩ مەتر.

[d] ٢ سی باڵ: نزیکەی ١٣,٥ مەتر.

[e] ٣ دە باڵ: نزیکەی ٤,٥ مەتر.

[f] ٤ وەك پەنجەرەیە، دەلاقەیەکە بۆ هاتوچۆی هەوا و گێڕانەوەی تیشکی خۆر.

[g] ٦ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[h] ٦ شەش باڵ: نزیکەی ٢,٧ مەتر.

[i] ٦ حەوت باڵ: نزیکەی ٣,١ مەتر.

باڵ[a] بوو. [١٨]دار ئورزی پەرستگاکە بە دیوی ناوەوەی پەرستگاکە لەسەر شێوەی سەوزەوات[b] و گوڵی کراوە نەخشێنرابوو، هەمووی داری ئورز بوو، هیچ بەردێك نەدەبینرا.

[١٩]لەناوەڕاستی پەرستگاکە، شوێنی هەرەپیرۆزی ئامادە کرد هەتا سندوقی پەیمانی یەزدان لەوێ دابنێت. [٢٠]شوێنی هەرەپیرۆز، کە بیست باڵ درێژ و بیست باڵ پان و بیست باڵیش بەرز بوو، بە زێڕی بێگەرد ڕووپۆشی کرد، قوربانگاکەشی بە ئورز ڕووپۆش کرد. [٢١]سلێمان دیوی ناوەوەی پیرۆزگاکەی بە زێڕی بێگەرد ڕووپۆش کرد، زنجیری زێڕیشی لەبەردەم شوێنی هەرەپیرۆز ڕاکێشا، بە زێڕ ڕووپۆشی کرد. [٢٢]تەواوی قوربانگای شوێنی هەرەپیرۆز و تەواوی دیوی ناوەوەی پیرۆزگاکەشی بە زێڕ ڕووپۆش کرد.

[٢٣]لەناو شوێنی هەرەپیرۆزیش دوو کەڕوبی[c] لە داری زەیتوون دروستکرد، بەرزی هەریەکەیان دە باڵ بوو. [٢٤]هەر کەڕوبێك دوو باڵی هەبوو، درێژی هەر باڵێك پێنج باڵ بوو،[d] لە سەری باڵێکییەوە هەتا سەری باڵەکەی دیکە دە باڵ بوو. [٢٥]هەردوو کەڕوبەکە یەك ئەندازە و یەك شێوەیان هەبوو. [٢٦]بەرزی کەڕوبی یەکەم دە باڵ بوو، کەڕوبی دووەمیش بە هەمان شێوە. [٢٧]هەردوو کەڕوبەکەی لەناوەڕاستی شوێنی هەرەپیرۆز دانا و باڵی کەڕوبەکانی کردەوە. باڵی یەکێك لە کەڕوبەکان بەر دیوارێك کەوت و باڵی کەڕوبی دووەمیان بەر دیوارەکەی بەرامبەری کەوت، لەناوەڕاستی ژوورەکەش بەر یەکتری دەکەوتن، باڵ بە باڵ. [٢٨]هەردوو کەڕوبەکەشی بە زێڕ ڕووپۆش کرد.

[٢٩]لەسەر هەموو دیوارەکانی پیرۆزگاکە، لەناو هەردوو ژوورەکەی، ژووری ناوەوە و ژووری دەرەوەش، وێنەی کەڕوب و دار خورما و گوڵی کراوەی نەخشاند. [٣٠]زەمینی ژووری ناوەوە و ژووری دەرەوەی پیرۆزگاکەشی بە زێڕ ڕووپۆش کرد.

[٣١]بۆ دالانەکەی شوێنی هەرەپیرۆزیش، دەرگایەکی دوو دەری لە داری زەیتوون دروستکرد، بە شێوەی پێنج چوارچێوە لەناو یەکدا. [٣٢]لەسەر هەردوو لای دەرگاکەش کە لە داری زەیتوون بوون، کەڕوب و دار خورما و گوڵی کراوەی لەسەر نەخشاند و بە زێڕ ڕووپۆشی کردن. [٣٣]بە هەمان شێوە لە دالانی هۆڵە سەرەکییەکەش چوار چوارچێوەی لەناو یەکدا لە داری زەیتوون دروستکرد. [٣٤]هەروەها دوو دەرگای بە داری سنەوبەر دروستکرد، هەردووکیان دوو دەری بوون کە بە نەرمادە[e] بەسترا بوون و دەسووڕانەوە. [٣٥]کەڕوب و دار خورما و گوڵی کراوەی لەسەر نەخشاندن و بە زێڕی کوتراو لەسەر نەخشەکە ڕووپۆشی کردن.

[٣٦]هەروەها حەوشەکەی ناوەوەی بنیاد نا بە سێ ڕیز بەردی تاشراو و ڕیزێك کاریتەی ئورز.

[٣٧]لە ساڵی چوارەم پەرستگای یەزدانی دامەزراند، لە مانگی زیڤ. [٣٨]لە ساڵی یازدەیەمینیش، لە مانگی بول کە مانگی هەشتە، هەموو بەشەکانی پەرستگاکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە تەواو کرا، بە حەوت ساڵ بنیادی نا.

## بنیادنانی کۆشکی سلێمان

٧ بەڵام سلێمان کۆشکەکەی خۆی بە سێزدە ساڵ بنیاد نا و هەمووی تەواو کرد. [٢]کۆشکی دارستانەکەی لوبنانیشی بە درێژی سەد باڵ و پانی پەنجا باڵ و بەرزی سی باڵ بنیاد نا، لەسەر چوار ڕیز کۆڵەکەی ئورز و کاریتەی ئورزیشی لەسەر کۆڵەکەکان دانا. [٣]سەری ئەو دارانەشی لە سەرەوە

[a] ١٧ چل باڵ: نزیکەی ١٨ مەتر.

[b] ١٨ لە زمانی عیبری وشەی پەقەعی مەبەستی لە بەرهەمی هەموو ئەو ڕووەکانەیە کە بڕەکانیان پەل دەهاوێت، وەکو: کودو، ئاروو، کودووە زەردە، ترۆزی... هتد.

[c] ٢٣ دوو کەڕوب: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ١٨:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.

[d] ٢٤ درێژی هەر باڵێکی کەڕوبەکە نزیکە ٢,٢٥ مەترە.

[e] ٣٤ نەرمادە لە دوو پارچە ئاسن پێکهاتووە کە تێکهەڵکێشی یەکن و دەجوڵێن، کە بۆ بەستنەوەی دەرگا بە یەکەوە یان بۆ بەستنەوەی دەرگا بە چوارچێوەکەیەوە بەکاردێت.

بە ئورز گرت، ئەوانەی لەسەر چل و پێنج کۆڵەکە بوون، هەر ڕیزە و پازدە. [٤]پەنجەرەکانیشی بە سێ ڕیز دانرابوون، پەنجەرە بەرامبەر پەنجەرە. [٥]هەموو دەروازەکان چوارگۆشە بوون، لە هەر ڕیزێك سێ دەرگا و بەرامبەر بە یەکتری.

[٦]ڕێڕەوێکی سەر داپۆشراوی دروستکرد کە هەردوو لای بە کۆڵەکە گیرابوو، درێژییەکەی پەنجا باڵ و پانییەکەی سی باڵ بوو. هەیوانێك لەبەردەم ڕێڕەوەکە هەبوو، لەبەردەم ئەویش چەند کۆڵەکەیەك و تارمەیەك هەبوو.

[٧]هۆڵی تەختی پاشایەتییەکەش ئەوەی تێیدا دادوەری دەکرد، واتە هۆڵی دادوەری ئەویشی دروستکرد و تەواوی دیوارەکەی بە ئورز ڕووپۆش کرد. [٨]کۆشکی نیشتەجێبوونی خۆشی بە هەمان شێوەی ئەم هۆڵە لە پشتی ئەو بنیاد نا. هەروەها ماڵێکیشی وەك ئەم هۆڵە بۆ کچەکەی فیرعەون دروستکرد، ئەوەی کە هێنابووی.

[٩]هەموو تەلارەکانی کۆشکی پاشایەتی، لە دەرەوە بۆ ژوورەوە، لە بناغەوە هەتا سەرەوە، لە بەردی نایابی نەقارکراو بوون. [١٠]لە بناغەشەوە بەردی نایاب بوو، بەردی گەورە، هەندێکی دە باڵ و هەندێکی هەشت باڵ[a]. [١١]لە سەریشەوە بە بەردی نایابی بە ئەندازە داتاشراو و بە داری ئورز بوو. [١٢]دیواری سنووری کۆشکەکە وەك دیواری حەوشەی پیرۆزگای یەزدان بە سێ ڕیز بەردی داتاشراو و ڕیزێك کاریتەی ئورز دروستکرابوو.

## کەلوپەلەکانی پەرستگا

[١٣]سلێمانی پاشا ناردی و حورامی لە شاری سورەوە هێنا. [١٤]ئەو کوڕی بێوەژنێك بوو لە هۆزی نەفتالی، باوکیشی پیاوێکی خەڵکی سور بوو، پیشەوەری بڕۆنز بوو. حورام پڕ بوو لە دانایی و تێگەیشتن، شارەزایی لە دروستکردنی هەموو کارێکی بڕۆنز هەبوو. هاتە لای سلێمانی پاشا و هەموو کارەکانی بۆ ئەنجام دا. [١٥]دوو کۆڵەکەی بڕۆنزی داڕشت کە بەرزی هەر یەکێکیان هەژدە باڵ[b] و چێوەکەی دوازدە باڵ[c] بوو. [١٦]هەروەها دوو تاجی بڕۆنزی لەقاڵبدراوی دروستکرد هەتا لەسەر سەری هەردوو کۆڵەکەکە دابنرێن، بەرزی هەر یەکێکیان پێنج باڵ[d] بوو. [١٧]تۆڕێکی لە زنجیری چنراو بە تاجەکان هەڵواسیبوو، کە لەسەر کۆڵەکەکان بوون، بۆ هەر تاجێك حەوت تۆڕ. [١٨]دوو ڕیز هەناری لە دەوری هەر تۆڕێك دروستکرد بۆ ڕازاندنەوەی ئەو تاجانەی کە لەسەر کۆڵەکەکان بوون. بۆ هەر تاجێك هەمان شتی کرد. [١٩]ئەو تاجانەش کە لە هەیوانەکە لەسەر کۆڵەکەکان بوون لە شێوەی گوڵی سەوسەن بوون، بەرزییان چوار باڵ[e] بوو. [٢٠]لەسەر تاجەکانی سەر هەردوو کۆڵەکەکە، لە سەرووی ئەو بەشەی تاجەکە کە لە شێوەی قاپ بوو، لەتەنیشتی تۆڕەکە، دوو سەد هەنار بە ڕیز لە دەوری هەبوو. [٢١]دوو کۆڵەکەشی لە هەیوانی پیرۆزگاکە ڕاگرت، کۆڵەکەکەی لای باشووری ناونا یاکین[f] و کۆڵەکەکەی لای باکووریشی ناونا بۆعەز[g]. [٢٢]سەری کۆڵەکەکانیش لەسەر شێوەی گوڵی سەوسەن بوون، بەم شێوەیە کاری کۆڵەکەکان تەواو بوو.

[٢٣]حەوزە بڕۆنزییەکەشی[h] بە بازنەیی بە قاڵب دروستکرد، لە لێوارەوە هەتا لێوار دە باڵ بوو، پێنج باڵ بەرزی، چێوەکەشی گوریسێکی سی باڵ بوو. [٢٤]لەژێر لێوارەکەی لە هەر چواردەورەی وێنەی سەوزەوات[i] نەخشێنرابوو، دە وێنە بۤ هەر باڵێك، بەدەوری حەوزە بڕۆنزییەکە بە دوو ڕیز،

[a] ١٠ هەشت باڵ: نزیکەی ٣,٦ مەتر.

[b] ١٥ هەژدە باڵ: نزیکەی ٨,١ مەتر.

[c] ١٥ دوازدە باڵ: نزیکەی ٥,٤ مەتر.

[d] ١٦ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[e] ١٩ چوار باڵ: نزیکەی ١,٨ مەتر.

[f] ٢١ یاکین: دەشێت واتاکەی (بنیاد دەنێت) بێت.

[g] ٢١ بۆعەز: دەشێت واتاکەی (هێز لەناو ئەو هەیە) بێت.

[h] ٢٣ کۆگای ئاو بووە، هەروەها پێی گوتراوە دەریا، بڕوانە دەرچوون ٣٠:١٧-٢١.

[i] ٢٤ لە زمانی عیبری وشەی پەقەعی مەبەستی لە بەرهەمی هەموو ئەو ڕووەکانەیە کە بڕکەکانیان پەل دەهاوێت، وەکو: کودو، ئاروو، کودووە زەردە، ترۆزی... هتد.

وێنەی سەوزەواتەکان لەگەڵ حەوزە بڕۆنزییەکە
لەقاڵبدرابوون.
٢٥ حەوزە بڕۆنزییەکەش لەسەر دوازدە گا
ڕاوەستابوو، سێیان ڕوویان لە باکوور، سێ ڕوویان
لە ڕۆژئاوا، سێ ڕوویان لە باشوور، سێش ڕوویان
لە ڕۆژهەڵات بوو. حەوزە بڕۆنزییەکەش لەسەریان
دانرابوو، هەمووشیان پاشەڵیان ڕوو لەناوەوە بوو.
٢٦ ئەستوورایییەکەی چوار پەنجە بوو، لێوارەکەی وەك
لێواری جام دروستکرابوو، لە شێوەی گوڵی سەوسەن،
هەروەها جێی دوو هەزار بەتی[a] تێدا دەبووەوە.
٢٧ دە عەرەبانەی ئاوگواستنەوەشی لە بڕۆنز
دروستکرد، درێژی هەر عەرەبانەیەك چوار باڵ
و پانییەکەی چوار باڵ، بەرزییەکەشی سێ باڵ[b]
بوو. ٢٨ ئەمەش شێوەی عەرەبانەکان بوو، لە
چەند تەختەدارێکی چوارگۆشە دروستکرا بوون،
تەختەکانیش لەنێوان دوو ستوون بوون. ٢٩ هەروەها
وێنەی شێر و گا و کەڕوب هەبوون لەسەر
ستوونەکان و لەسەر ئەو تەختانەی کە لەنێوان دوو
ستوونەکە بوون. لە سەرەوە و لە خوارەوەی شێر و
گایەکان تاجەگوڵینە شۆڕببوونەوە. ٣٠ چوار چەرخی
بڕۆنزیش بۆ هەر عەرەبانەیەك، تەوەرەکانیش بڕۆنز
بوون. گۆشەکانیش کە چوار بوون، شانیان هەبوو
لەژێر دەستشۆرەکە، شانەکانیش لەقاڵبدرابوون
لەتەنیشت هەر تاجەگوڵینەیەکەوە. ٣١ لێواری
حەوزەکەی ناو عەرەبانەکە بازنەیی بوو کە یەك
باڵ لە عەرەبانەکە بەرزتر بوو، لێوارەکەی بازنەیی
بوو، لەگەڵ بەشی خوارەوە قووڵاییەکەی باڵ و
نیوێك بوو، لێوارەکە نەخشێنرابوو، تەختەدارەکانی
عەرەبانەکەش چوارگۆشەیی بوون، نەك بازنەیی.
٣٢ چوار چەرخەکانیش لەژێر تەختەکانەوە بوون،
بە تەوەر چەرخەکان بە عەرەبانەکەوە بەسترابوون
بوون، چێوەی هەر چەرخێك باڵ و نیوێك بوو.
٣٣ چەرخەکانیشی لەسەر شێوەی چەرخی گالیسکە
دروستکرابوو، تەوەر و چێوە و ڕاگر و ناوکی
چەرخەکان هەموو لەقاڵبدرابوون.
٣٤ هەر عەرەبانەیەك چوار دەسکی هەبوو، هەر
دەسکێك لە گۆشەیەك، دەسکەکان بەشێك بوون لە
عەرەبانەکە. ٣٥ لە بەشی سەرەوەی عەرەبانەکە بە
بەرزی نیو باڵ قەیدێکی بازنەیی هەبوو، لاشان و
تەختەکانی بە بەشی سەرەوەی عەرەبانەکە بەسترا
بوون. ٣٦ لەسەر ڕووی لاشان و تەختەکانی عەرەبانەکە
کەڕوب و شێر و دار خورمای نەخشاند، لە کەلێنی
نەخشەکان چەند تاجەگوڵینەیەکی لە دەوروبەری
دروستکرد. ٣٧ بەم جۆرە دە عەرەبانەکەی دروستکرد،
یەك قاڵب و یەك ئەندازە و یەك شێوە.
٣٨ هەروەها دە دەستشۆری بڕۆنزی دروستکرد کە
هەریەکەیان چل بەتی[c] دەگرت و تیرەکەی چوار
باڵ بوو، هەریەکەشیان لەسەر عەرەبانەیەك لە دە
عەرەبانەکە بوون. ٣٩ پێنج عەرەبانەی لەلای باشوور و
پێنجەکەی دیکەشی لەلای باکووری پیرۆزگاکە دانا،
حەوزە بڕۆنزییەکەشی لەلای باشووری پیرۆزگاکە
دانا، لە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵات. ٤٠ هەروەها
حورام مەنجەڵ و خاکەناز و تاسەکانی[d] دروستکرد.
حورام کارەکانی تەواو کرد، ئەوانەی بۆ سلێمان
پاشا بۆ پەرستگای یەزدان کردی:

٤١ دوو کۆڵەکەکە؛
دوو شێوە قاپەکە کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون؛
دوو تۆڕەکە بۆ ڕازاندنەوەی دوو شێوە قاپەکە کە
لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون؛
٤٢ هەروەها چوار سەد هەنارەکە بۆ دوو تۆڕەکە،
دوو ڕیز هەنار بۆ هەر تۆڕێك بۆ ڕازاندنەوەی
دوو شێوە قاپەکە کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە
بوون؛

[a] ٢٦ دوو هەزار بەت: نزیکەی ٤٤ هەزار لیتر.
[b] ٢٧ سێ باڵ: نزیکەی ١،٣ مەتر.
[c] ٣٨ چل بەت: نزیکەی ٨٨٠ لیتر.
[d] ٤٠ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ٩:١٥؛ ١٤:٢٠ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

[43] دە عەرەبانەکە و دە دەستشۆرەکەی سەر عەرەبانەکان؛
[44] حەوزە بڕۆنزییەکە و دوازدە گایەکەی ژێری؛
[45] هەروەها مەنجەڵ و خاکەناز و تاسەکان.

حورام هەموو ئەو کەلوپەلانەی بۆ سلێمانی پاشا بۆ پەرستگای یەزدان لە بڕۆنزی سافکراو دروستکرد. [46] پاشا لە دەشتی ڕووباری ئوردون لەنێوان سوکۆت و چەرەتان لە قاڵبی قوڕ دایڕشتن. [47] سلێمانیش هەموو ئەو شتومەکانەی بە نەکێشراوی بەجێهێشت، چونکە گەلێك زۆر بوون، کێشی بڕۆنزەکەی نەدەزانرا.
[48] هەروەها سلێمان هەموو ئەو کەلوپەلانەی دروستکرد کە لە پەرستگای یەزدان بوون:

قوربانگا زێڕینەکە؛
مێزە زێڕینەکە کە نانی تەرخانکراوی لەسەر بوو بۆ خودا؛
[49] پێنج چرادانیش لەلای ڕاست و پێنج لەلای چەپ لەبەردەم شوێنی هەرەپیرۆز لە زێڕی بێگەرد؛
هەروەها گوڵ و چرا و مەقاشە زێڕینەکان؛
[50] تەشت، مەقەست، تاس، چەمچە و بخووردانەکان لە زێڕی بێگەرد؛
نەرمادەی دەرگاکانی ژووری ناوەوە، واتە شوێنی هەرەپیرۆز، هەروەها نەرمادەی دەرگاکانی هۆڵی سەرەکی پیرۆزگاکەش لە زێڕ بوون.

[51] کاتێك سلێمان پاشا هەموو کارەکانی پەرستگای یەزدانی تەواو کرد، شتە تەرخانکراوەکانی داودی باوکی کە لە زێڕ و زیو بوون و کەلوپەلەکانی هێنا پێشکەشی کرد بە گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان.

## هێنانی سندوقی پەیمان بۆ پەرستگا

٨ لەو کاتەدا سلێمان پاشا لە ئۆرشەلیم پیرانی ئیسرائیلی کۆکردەوە، هەموو سەرکردەی هۆزەکان و گەورەی بنەماڵەکانی نەوەی ئیسرائیل، بۆ هێنانی سندوقی پەیمانی یەزدان سندوقی پەیمانی یەزدان لە سییۆنەوە، کە بە شاری داود ناسراوە. [2] هەروەها لە جەژنی مانگی ئێتانیم کە لە مانگی حەوتە[a] هەموو گەلی ئیسرائیل لەلای سلێمانی پاشا کۆبوونەوە.

[3] ئیتر هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتن و کاهینەکانیش سندوقەکەیان هەڵگرت، [4] سندوقی یەزدان و چادری چاوپێکەوتن و هەموو کەلوپەلە پیرۆزەکانی ناو چادرەکەیان هێنا. کاهین و لێڤییەکان هێنایانە سەرەوە، [5] سلێمانی پاشاش لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل کە لەگەڵی کۆبووبوونەوە لەبەردەم سندوقەکە بوون، مەڕ و مانگایان سەردەبڕی کە لە زۆریدا نە تۆمار دەکرا و نە دەژمێردرا.
[6] ئینجا کاهینەکان سندوقی پەیمانی یەزدانیان هێنایە شوێنەکەی خۆی، بۆ پیرۆزگاکەی ناوەوەی پەرستگاکە، شوێنی هەرەپیرۆز، بۆ ژێر باڵی دوو کەڕوبەکە. [7] دوو کەڕوبەکە باڵەکانیان بەسەر سندوقەکەدا کردبووەوە، سێبەریان بەسەر سندوقەکە و هەردوو داردەستەکەشیدا کردبوو کە بۆ هەڵگرتنیەتی. [8] ئەم داردەستانەش ئەوەندە درێژ بوون کە سەری داردەستەکان لەو دیوی پەردەی شوێنی هەرەپیرۆز دەبینران، بەڵام لە دەرەوەی شوێنە پیرۆزەکەوە نەدەبینران، هەتا ئەمڕۆش هەر لەوێدان. [9] ناو سندوقەکەش هیچی تێدا نەبوو، جگە لەو دوو تەختە بەردەی کە موسا لە حۆرێڤ تێیدا داینابوون کاتێك یەزدان لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل لە کاتی هاتنەدەرەوەیان لە میسر پەیمانی لەگەڵ بەستن.

[10] ئەوە بوو بە هاتنە دەرەوەی کاهینەکان لە شوێنە پیرۆزەکە، هەورێك پیرۆزگای یەزدانی پڕکردەوە. [11] کاهینەکانیش لەبەر هەورەکە نەیانتوانی خزمەت بکەن، چونکە شکۆی یەزدان پیرۆزگاکەی پڕکرد.
[12] ئینجا سلێمان گوتی: «یەزدان فەرموویەتی، کە لەناو هەوری تاردا نیشتەجێ دەبێت. [13] ئەوەتا

[a] ٢ مەبەست لە جەژنی کەپرەشینەیە، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی زایینی لەنێوان مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمە. بڕوانە لێڤییەکان ٢٣:٣٤-٤٣.

پەرستگایەکی شکۆدارم بۆ بنیاد نایت، شوێنێك هەتاهەتایە بۆ نیشتەجێبوونت.»

[١٤] کاتێك هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل ڕاوەستا بوون، پاشا ڕووی خۆی وەرگێڕا و داوای بەرەکەتی بۆ هەموویان کرد. [١٥] ئینجا گوتی:

«ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەوەی بە دەمی خۆی بەڵێنی بە داودی باوکم دا و بە دەستی خۆی بەجێی هێنا، هەروەك فەرمووی: [١٦] ”لەو ڕۆژەوەی ئیسرائیلی گەلی خۆمم لە میسرەوە هێناوەتە دەرەوە، هیچ شارێکم لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی پەرستگایەك بنیاد بنێن هەتا ناوەکەم لەوێ بێت، بەڵکو داودم هەڵبژاردووە تاکو فەرمانڕەوایەتی ئیسرائیلی گەلی من بکات.“

[١٧] «لە دڵی داودی باوکیشمدا بوو پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد بنێت. [١٨] بەڵام یەزدان بە داودی باوکمی فەرموو: ”لەبەر ئەوەی لە دڵتدا بوو پەرستگایەك بۆ ناوەکەم بنیاد بنێیت، باشت کرد کە ئەمە لە دڵتدا بوو. [١٩] لەگەڵ ئەوەشدا تۆ پەرستگاکە بنیاد نانێیت، بەڵکو کوڕەکەت، ئەوەی لە خوێنی خۆتە، ئەو پەرستگاکە بۆ ناوی من بنیاد دەنێت.“

[٢٠] «یەزدان بەڵێنی خۆی بردەسەر، ئەوەی کە فەرمووی. منیش شوێنی داودی باوکمم گرتەوە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دانیشتم، هەروەك یەزدان فەرمووی. پەرستگاکەشم بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد نا. [٢١] لەوێشدا شوێنێکم بۆ ئەو سندوقە دانا، ئەوەی ئەو پەیمانەی یەزدانی تێیدایە کە لەگەڵ باوباپیرانماندا بەستی، کاتێك لە خاکی میسری هێنانە دەرەوە.»

## نوێژی تەرخانکردنی پەرستگا

[٢٢] ئینجا سلێمان لەبەردەم قوربانگای یەزدان بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل ڕاوەستا و دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، [٢٣] گوتی:

«ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، هیچ خودایەك لە ئاسمان لە سەرەوە و لەسەر زەوی لە خوارەوە لە وێنەی تۆ نییە، پەیمانی خۆشەویستییەکەت بۆ خزمەتکارەکانت دەبەیتەسەر، ئەوانەی لەبەردەمی تۆ بە دڵسۆزییەوە ڕەفتار دەکەن. [٢٤] تۆ بەڵێنی خۆتت بۆ بەندەکەت، بۆ داودی باوکم هێنایە دی. ئەوەی بە دەمت بەڵێنت پێدا، ئەمڕۆ بە دەستی خۆتت هێنایە دی.

[٢٥] «ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەو بەڵێنەی کە تۆ بە بەندەکەی خۆت، بە داودی باوکی منت دا، بۆی بهێنە دی، کە فەرمووت: ”پیاو لە تۆ نابڕێت لەبەردەمم بۆ دانیشتن لەسەر تەختی ئیسرائیل، تەنها ئەگەر کوڕانت ئاگاداری ئەوە بن کە بە دڵسۆزییەوە دۆستایەتیم بکەن، هەروەك چۆن تۆ بە دڵسۆزییەوە دۆستایەتیت کردم.“ [٢٦] ئێستاش ئەی خودای ئیسرائیل، با ئەو بەڵێنەت بێتە دی کە بەڵێنت بە داودی باوکم دا کە بەندەی تۆیە.

[٢٧] «بەڵام ئایا بەڕاستی خودا لەسەر زەوی نیشتەجێ دەبێت؟ ئەوەتا ئاسمان و ئاسمانی ئاسمانەکان جێی تۆیان تێدا نابێتەوە، ئیتر چۆن ئەم پەرستگایە کە من بنیادم ناوە! [٢٨] بەڵام ئەی یەزدان، خودای من، ئاوڕ لە نوێژ و لە داواکارییەکانی بەندەکەت بدەوە و گوێ لە هاوار و ئەو نوێژە بگرە کە بەندەکەت ئەمڕۆ لەبەردەمت دەیکات. [٢٩] با شەو و ڕۆژ چاوەکانت کراوە بن لەسەر ئەم پەرستگایە، لەسەر ئەو شوێنەی کە فەرمووت: ”ناوی من لەوێ دەبێت،“ هەتا گوێت لەو نوێژە بێت کە بەندەکەت بەرەو ئەم شوێنە دەیکات. [٣٠] هەروەها گوێ لە پاڕانەوەی بەندەکەت و ئیسرائیلی گەلت بگرە، ئەوانەی بەرەو ئەم

شوێنە نوێژ دەکەن، تۆش لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە بیبیستە، جا کە بیستت لێمان خۆشبە.

[٣١]«ئەگەر یەکێك گوناهی دەرهەق بە هاوڕێکەی کرد و سوێندخواردنی بەسەردا سەپێنرا و هات بۆ ئەوەی لەبەردەم قوربانگاکەت لەم پەرستگایە سوێندەکەی بخوات، [٣٢]تۆ لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و دەستبەکار بە. دادوەری لەنێوان خزمەتکارەکانت بکە، حوکم بدە بەسەر تاوانباردا بەوەی ڕێگای خۆی بەسەر خۆیدا بهێنەرەوە، ئەستۆپاکی کەسی بێتاوان دەربخە و بەگوێرەی بێتاوانییەکەی پێی ببەخشە.

[٣٣]«کاتێك ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت بەهۆی ئەو گوناهەی بەرامبەرت دەیکەن، لەبەردەم دوژمنەکانیان تێکدەشکێن، ئەگەر گەڕانەوە بۆ لات و دانیان نایەوە بە ناوی تۆ، لەم پەرستگایەدا نزا و نوێژیان کرد و لێت پاڕانەوە، [٣٤]تۆش لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی ئیسرائیلی گەلت خۆشبە و بیانگەڕێنەوە ئەو خاکەی کە بە باوباپیرانیانت داوە.

[٣٥]«ئەگەر ئاسمان داخرا و باران نەباری بەهۆی ئەوەی گەلەکەت گوناهیان دەرهەق بە تۆ کرد، پاشان نوێژیان ڕووەو ئەم شوێنە کرد و دانیان بە ناوەکەتدا نا و لە گوناهەکەیان پاشگەز بوونەوە، چونکە گرفتارت کردن، [٣٦]تۆش لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی خزمەتکارەکانت و ئیسرائیلی گەلی خۆت خۆشبە، فێری ئەو ڕێگا باشەیان بکە کە دەبێت پێیدا بڕۆن و باران بەسەر خاکەکەتدا ببارێنە، ئەوەی بە میرات داوتە بە گەلەکەت.

[٣٧]«هەر کاتێك قاتوقڕی، پەتا، بای گەرمەسێر، کوللە یان سن لە خاکەکە دەدات؛ یان هەر کاتێك دوژمن لە شارەکانیان گەمارۆیان دەدات؛ یان هەر بەڵا و دەردێك دێت؛ [٣٨]ئیتر کاتێك هەرکەسێکی ئیسرائیلی گەلی خۆت نوێژ یان داواکارییەك لە تۆ بکات، لەلایەن ئەوەی کە دەردی دڵی خۆی دەزانێت و دەستی بەرامبەر بەم پەرستگایە بەرز دەکاتەوە، [٣٩]ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە گوێ بگرە. لێی خۆشبە و دەستبەکار بە. لەبەر ئەوەی تەنها تۆ دڵی هەموو ئادەمیزادان دەناسیت، بۆ هەرکەسێك بەگوێرەی هەڵسوکەوتەکانی کاردانەوەت هەبێت، [٤٠]بۆ ئەوەی بە درێژایی ڕۆژانی ژیانیان لەم خاکەی بە باوباپیرانی ئێمەت داوە لێت بترسن.

[٤١]«هەروەها ئەو بیانییەی کە لە ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت نییە و لە پێناوی ناوی تۆ لە خاکێکی دوورەوە هاتووە، [٤٢]چونکە دەربارەی ناوی مەزنی تۆ و دەستی پۆڵایین و بازووی بەهێزت دەبیستن، جا کە هات و بەرەو ئەم پەرستگایە نوێژی کرد، [٤٣]تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە و بەپێی هەموو ئەوەی ئەم بیانییە لێت دەپاڕێتەوە بۆی بەجێبهێنە، هەتا هەموو گەلانی زەوی بە ناوی تۆ ئاشنا بن و وەك ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت لێت بترسن، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن ئەم ماڵەی کە بنیادم ناوە هەڵگری ناوی تۆیە.

[٤٤]«کاتێك گەلەکەت بۆ جەنگ لە دژی دوژمنەکەی دەچێت، بۆ هەرکوێ کە دەیاننێریت، کە نوێژیان کرد بۆ یەزدان ڕووەو ئەو شارەی کە هەڵتبژاردووە و ئەو پەرستگایەی بۆ ناوەکەت بنیادم ناوە، [٤٥]تۆ لە ئاسمانەوە گوێ لە نوێژ و داواکارییەکانیان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە.

[٤٦]«کەس نییە گوناه نەکات، بەڵام کاتێك گوناهت بەرامبەر دەکەن تۆش لێیان تووڕە دەبیت و دەیاندەیتە دەست دوژمن ئەوا بە دیلیان دەگرن و بۆ خاکی دوژمن ڕاپێچیان دەکەن، جا دوور بێت یان نزیك؛ [٤٧]لەدوای ئەمە ئەگەر لەو خاکەی بۆی ڕاپێچ دەکرێن

هاتنەوە هۆش خۆیان، لە خاکی ڕاپێچکەرانیان تۆبەیان کرد و لێت پاڕانەوە، گوتیان: ”گوناه و تاوان و خراپەمان کرد؛“ [٤٨]ئیتر بە هەموو دڵ و گیانیانەوە گەڕانەوە لات لە خاکی دوژمنەکانیانەوە کە ڕاپێچیان کردوون، هەروەها نوێژیان بۆ کردیت ڕووەو ئەو خاکەی داوتە بە باوباپیرانیان و ئەو شارەی هەڵتبژاردووە و بۆ ئەو پەرستگایەی بۆ ناوی تۆ بنیادم ناوە؛ [٤٩]ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە گوێ لە نوێژ و داواکارییان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە. [٥٠]هەروەها لە گەلەکەت خۆشبە، لەو گوناهانەی بەرامبەرت کردوویانە و لە هەموو یاخیبوونەکانیان کە لە دژی تۆ پێی یاخی بوون، بەزەییان پێ ببەخشە لەبەردەم ڕاپێچکەرانیان هەتا بەزەییان پێیاندا بێتەوە، [٥١]چونکە ئەوان گەل و میراتی تۆن، ئەوەی لە میسرەوە لەناو کوورەی ئاسنەوە دەرتهێنان.

[٥٢]«با چاوەکانت لەسەر داواکارییەکانی بەندەکەت و داواکارییەکانی ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت کراوە بن هەتا گوێیان لێ بگریت لە هەموو ئەوەی بانگت دەکەن بۆی، [٥٣]چونکە تۆ ئەی یەزدانی باڵادەست، ئەوانت لەنێو هەموو گەلانی زەویدا بە میرات بۆ خۆت جیا کردەوە، وەك چۆن لەسەر دەستی موسای بەندەت فەرمووت، کاتێك باوباپیرانی ئێمەت لە میسرەوە هێنایە دەرەوە.»

[٥٤]کاتێك سلێمان لەم هەموو نوێژ و پاڕانەوەیە بووەوە بۆ یەزدان، لەبەردەم قوربانگای یەزدان هەستا کە لەسەر هەردوو ئەژنۆی بەچۆکدا کەوتبوو، دەستەکانی ڕووەو ئاسمان بەرز کردبووەوە. [٥٥]ڕاوەستا و بە دەنگێکی بەرز داوای بەرەکەتی بۆ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل کرد و گوتی:

[٥٦]«ستایش بۆ یەزدان، ئەوەی هەروەك بەڵێنی دابوو ئیسرائیلی گەلی خۆی حەساندەوە، تەنها وشەیەکیش لە هەموو بەڵێنە باشەکانی کە لە ڕێگەی موسای بەندەیەوە دابووی، نەشکا. [٥٧]با یەزدانی پەروەردگارمان لەگەڵمان بێت هەروەك چۆن لەگەڵ باوباپیرانمان بوو، وازمان لێ نەهێنێت و فەرامۆشمان نەکات، [٥٨]دڵمان بۆ لای خۆی گۆش بکات هەتا گوێڕایەڵی بین و چاومان لە فەرمان و فەرز و حوکمەکانی بێت، ئەو فەرمانانەی بە باوباپیرانی ئێمەی کرد. [٥٩]با ئەو وشانەی کە پێی لە یەزدان پاڕامەوە، شەو و ڕۆژ لە یەزدانی پەروەردگارمان نزیك بێت، بۆ ئەوەی دادوەری بۆ بەندەکەی و ئیسرائیلی گەلەکەی خۆی پەیڕەو بکات، بەگوێرەی پێویستی ڕۆژانەی، [٦٠]تاکو هەموو گەلانی زەوی بزانن کە یەزدان خودایە و هیچ خودایەکی دیکە نییە. [٦١]بەڵام با دڵتان تەواو لەلای یەزدانی پەروەردگارمان بێت، هەتا فەرزەکانی بەجێبهێنن و چاوتان لە فەرمانەکانی بێت، وەك ئەمڕۆ.»

## تەرخانکردنی پەرستگاکە

[٦٢]ئینجا پاشا و هەموو ئیسرائیلیش لەگەڵی قوربانییان لەبەردەم یەزدان سەربڕی. [٦٣]سلێمان قوربانی هاوبەشی بۆ یەزدان کرد، بیست و دوو هەزار مانگا و سەد و بیست هەزار مەڕ و بزنی سەربڕی. ئیتر پاشا و هەموو نەوەی ئیسرائیل پەرستگای یەزدانیان تەرخان کرد.

[٦٤]لەو ڕۆژەدا پاشا ناوەڕاستی حەوشەکەی بەردەم پیرۆزگاکەی یەزدانی تەرخان کرد و لەوێدا قوربانی سووتاندن و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و پیوی[a] قوربانییەکانی هاوبەشی پێشکەش کرد، چونکە قوربانگا بڕۆنزییەکەی بەردەم یەزدان بچووکتر بوو لەوەی جێگای قوربانی سووتاندنەکان و دانەوێڵە پێشکەشکراوەکان و پیوی قوربانییەکانی هاوبەشی تێیدا ببێتەوە.

[a] ٦٤ پیوی قوربانییەکانی یان بەزی قوربانییەکانی.

[٦٥]لەو کاتە سلێمان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئاهەنگی
بۆ جەژنەکە گێڕا، هەموو ئیسرائیلیش لەگەڵی بوون،
هەموو خەڵکی نێوان دەروازەی حەمات هەتا
دۆڵی میسر، کۆمەڵێکی گەورە، لەبەردەم یەزدانی
پەروەردگارمان جەژنەکەیان گێڕا، پاشان حەوت
ڕۆژی دیکەش، واتە چواردە ڕۆژ. [٦٦]لە ڕۆژی هەشتەم
خەڵکەکەی بەڕێکرد، جا داوای بەرەکەتیان بۆ
پاشاکە کرد و بە شادمانی و دڵخۆشییەوە چوونەوە
ماڵەکانیان، بەهۆی ئەو هەموو چاکەیەی کە یەزدان
لەگەڵ داودی بەندەی و ئیسرائیلی گەلی خۆی
کردی.

## دەرکەوتنی یەزدان بۆ سلێمان

٩ پاش ئەوەی سلێمان بنیادنانی پەرستگای
یەزدان و کۆشکی پاشای تەواو کرد، هەروەها
هەموو ئەوانەشی تەواو کرد کە پێی خۆشبوو،
[٢]دووبارە یەزدان بۆ سلێمان دەرکەوتەوە، هەروەك
چۆن لە گبعۆن بۆی دەرکەوت. [٣]جا یەزدان پێی
فەرموو:

«گوێم لە نوێژ و پاڕانەوەکەت بوو کە
لەبەردەمم پاڕایتەوە، ئەم پەرستگایەم پیرۆز
کرد کە بنیادت ناوە، تاکو بۆ هەتاهەتایە
ناوەکەم لەوێ دابنێم، چاوەکانم و دڵیشم
هەمیشە لەوێ دەبن.
[٤]«تۆش ئەگەر بە دڵسۆزی و دڵپاکییەوە
دۆستایەتیم بکەیت، وەك ئەوەی داودی باوکت
کردی، هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوویت
بیکەیت و فەرز و حوکمەکانم بەجێبهێنیت،
[٥]ئەوا هەتاهەتایە تەختی پاشایەتییەکەت
لەسەر ئیسرائیل جێگیر دەکەم، هەروەك چۆن
بەڵێنم بە داودی باوکت دا و فەرمووم: ”پیاو
لە تۆ نابڕێت لەسەر تەختی ئیسرائیل.“
[٦]«بەڵام ئەگەر ئێوە یاخود نەوەکانتان لێم
هەڵگەڕێنەوە و چاوتان لە فەرز و فەرمانەکانم
نەبوو کە پێم داون، چوون و خودای دیکەتان
پەرست و کڕنۆشتان بۆ بردن، [٧]ئەوا ئیسرائیل
لەسەر ڕووی ئەو خاکەی پێم داون دەبڕمەوە
و ئەم پەرستگایەش کە بۆ ناوی خۆم تەرخانم
کردووە لەبەرچاوم نایهێڵم. ئیسرائیل لەنێو
هەموو گەلان دەبێتە پەند و مایەی گاڵتەجاڕی،
[٨]ئەم پەرستگا پایەبەرزەش، هەرکەسێك
پێیدا تێبپەڕێت سەری سوڕدەمێنێت و فیکە
لێدەدات، دەڵێت: ”بۆچی یەزدان وای لەم
خاکە و لەم پەرستگایە کرد؟“ [٩]ئینجا خەڵکی
وەڵام دەدەنەوە: ”لەبەر ئەوەی وازیان لە
یەزدانی پەروەردگاریان هێناوە، ئەوەی کە
باوباپیرانیانی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا،
دەستیان بە خودای دیکەوە گرتووە، کڕنۆشیان
بۆ بردوون و ئەوانیان پەرستووە، لەبەر ئەوە
یەزدان تووشی ئەم هەموو کارەساتەی
کردن.“»

## کرداری دیکەی سلێمان

[١٠]لە کۆتایی ئەو بیست ساڵەی کە سلێمان تێیدا
هەردوو تەلارەکەی بنیاد نا، پەرستگای یەزدان و
کۆشکی پاشا، [١١]سلێمانی پاشا بیست شارۆچکەی لە
خاکی جەلیل بە حیرامی پاشای سور بەخشی، چونکە
حیرام داری ئورز و سنەوبەر و زێڕی بۆ سلێمان
ناردبوو، بە دڵی ئەو. [١٢]بەڵام کاتێك حیرام لە سورەوە
بۆ بینینی ئەو شارۆچکانە چوو کە سلێمان پێیدابوو،
بە دڵی نەبوون. [١٣]گوتی: «براکەم، ئەم شارۆچکانە
چین کە تۆ بە منت داون؟» ئینجا ناوی لێنان خاکی
کاڤول[a]، هەتا ئەمڕۆش بەو ناوە ناودەبردرێت.
[١٤]حیرام سەد و بیست تالنت[b] زێڕی بۆ پاشا ناردبوو.
[١٥]ئەو پڕۆژانەی سلێمان پاشا بە بێگاری ئەنجامی
دا ئەمانە بوون: بنیادنانی پەرستگای یەزدان، کۆشکی
خۆی، تەلانەکان[c]، شوورای ئۆرشەلیم، حاچۆر،
مەگیدۆ، هەروەها گەزەر، [١٦]کە فیرعەونی پاشای

---

[a] ١٣ناوی کاڤول نزیکە لە وشەیەکی عیبری کە واتە (بێ فەڕ).
[b] ١٤ تالنت: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرامە. بڕوانە دەرچوون ٣٩:٢٥.
[c] ١٥ بەرازاییەکانیان لە شێوەی پایە ڕێکخستووە، بۆ پاڵپشتی کۆشکی پاشا سوودی لێ وەرگیراوە.

میسر کاتێك سەرکەوت و گەزەری گرت و سووتاندی،
کەنعانییەکانی دانیشتووی شارەکەی کوشت و بە
دیاری دایە کچەکەی خۆی، ژنەکەی سلێمان. ١٧ئینجا
سلێمان گەزەری بنیاد نایەوە، هەروەها بێت‌حۆرۆنی
خواروو و ١٨بەعەلات و تەدمۆری لە چۆڵەوانی
لەناو خاکەکەدا ئاوەدان کردەوە، ١٩لەگەڵ هەموو
کۆگاکانی[a] سلێمان، هەروەها ئەو شارۆچکانەی
سەربازگەی گالیسکە و ئەو شارۆچکانەی سەربازگەی
ئەسپ سوارەکان و هەموو ئەوەی سلێمان ئارەزووی
کرد لە ئۆرشەلیم و لوبنان و لە هەموو خاکی ژێر
دەسەڵاتی خۆی بنیادی بنێت.

٢٠هەروەها هەموو ئەو خەڵکەی پاشماوەی
ئەموری و حیتی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان
بوون، کە لە نەوەی ئیسرائیل نەبوون، ٢١پاشماوەی
ئەم هەموو نەتەوانەی کە نەوەی ئیسرائیل
نەیانتوانیبوو بە تەواوی قڕیان بکەن[b] سلێمان وەك
کۆیلە بێگاری بەسەردا سەپاندن، هەتا ئەمڕۆش
بەسەریان سەپێنراوە. ٢٢بەڵام سلێمان کەسی لە
نەوەی ئیسرائیل نەکردە کۆیلە، چونکە ئەوان
پیاوی جەنگ و کاربەدەست، سەرکردە، فەرماندە،
ئەفسەری گالیسکە و گالیسکەسوارەکانی بوون.
٢٣ئەمانەش ئەو کاربەدەستە باڵایانە بوون کە لەسەر
کارەکانی سلێمان بوون، پێنج سەد و پەنجا چاودێر
لەسەر ئەو خەڵکەی کارەکەیان دەکرد.

٢٤پاش ئەوەی کچەکەی فیرعەون لە شاری
داودەوە چووە کۆشکەکەی کە سلێمان بۆی بنیاد
نابوو، دەستی بە دروستکردنی تەلان کرد.

٢٥سلێمان ساڵانە سێ جار قوربانی سووتاندن
و قوربانی هاوبەشی سەردەخستە سەر ئەو
قوربانگایەی بۆ یەزدانی بنیاد نا، بخووریشی
لەگەڵ ئەوەدا دەسووتاند کە لەبەردەم یەزدان بوو،
پەرستگاکەی تەواو کرد.

٢٦هەروەها سلێمانی پاشا چەند کەشتییەکی
لە عەچیۆن گەڤەر ئەوەی لە نزیك ئێلەتە لەسەر
کەناری دەریای سوور[c] لە خاکی ئەدۆم دروستکرد.
٢٧حیرامیش خزمەتکارەکانی خۆی کە کەشتیوان و
شارەزای دەریا بوون ناردنییە ناو کەشتییەکان بۆ
ئەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکانی سلێماندا بن. ٢٨ئیتر
چوونە ئۆفیر و لەوێوە چوار سەد و بیست تالنت[d]
زێڕیان هەڵگرت و بۆ سلێمان پاشایان هێنا.

## سەردانی شاژنی شەبا بۆ لای سلێمان

١٠ کاتێك شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمان و
پەیوەندییەکەی ئەوی لەگەڵ یەزدان
بیست، هات بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێك تاقی
بکاتەوە. ٢بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری
بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها،
گەیشتە ئۆرشەلیم. هاتە لای سلێمان و لەبارەی
هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد.
٣سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، هیچ
شتێك بۆ پاشا قورس نەبوو وەڵامی بداتەوە. ٤کاتێك
شاژنی شەبا ئەو هەموو دانایییەی سلێمان و ئەو
کۆشکەی بینی کە بنیادی نابوو، ٥هەروەها خواردنی
سەر خوانەکەی، دانیشتنی دەستوپێوەندەکانی،
ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان،
ساقییەکانی و ئەو قوربانی سووتاندنانەی کە سلێمان
لە پەرستگای یەزدان دەیکرد، لە بینینی ئەمانە شەیدا
بوو.

٦بە پاشای گوت: «ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا
لەبارەی کاروبار و دانایییەکەت بیستم، ڕاستە. ٧بڕوام
بەو هەواڵانە نەکرد هەتا نەهاتم و بە چاوی خۆم

[a] ١٩ چەند شارێکی دروستکردووە وەك مەڵبەندێکی ئەمبارکردن و دابینکردنی ئازووقە.

[b] ٢١ قڕیان بکەن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

[c] ٢٦ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٢٩.

[d] ٢٨ چوار سەد و بیست تالنت: نزیکەی ١٤،٥ تەن.

نەمبینی، ئەوەتا نیوەشم پێ ڕانەگەیەنراوە، لە دانایی و چاکی زۆر مەزنتر بوویت لەوەی لەبارەی تۆوە بیستبووم. [٨]خۆزگە بە پیاوەکانت دەخوازرێ، خۆزگە بە خزمەتکارەکانت دەخوازرێ، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن. [٩]ستایش بۆ یەزدانی خوداکەت، ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دایناویت. لەبەر ئەوەی یەزدان هەتاهەتایە ئیسرائیلی خۆشدەوێت، تۆی کردووەتە پاشا تاکو ڕاستودروستی و دادپەروەری پیادە بکەیت.»

[١٠]ئینجا سەد و بیست تالنت[a] زێڕ و بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی گرانبەهای دایە پاشا، جارێکی دیکە بۆنوبەرامی بەو جۆرە زۆر نەهاتەوە، هێندەی ئەوەی شاژنی شەبا پێشکەشی سلێمان پاشای کرد.

[١١]هەروەها کەشتییەکانی حیرامیش ئەوانەی لە ئۆفیرەوە زێڕیان هەڵگرتبوو، لە ئۆفیرەوە دار ئەلگومی[b] زۆر زۆریان لەگەڵ بەردی گرانبەها هێنا. [١٢]پاشا لەو دار ئەلگومانە چەند تەختێکی بۆ پتەوکردنی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا دروستکرد، هەروەها قیسارە و سازیش بۆ گۆرانیبێژەکان. هەتا ئەمڕۆش ئەوەندە داری ئەلگوم نەهاتووە و نەبینراوە.

[١٣]سلێمانی پاشا هەموو ئەو شتانەی دایە شاژنی شەبا کە ئارەزووی کرد، جگە لەو شتانەی کە سلێمان پاشا لە بەخشندەیی خۆی پێی بەخشی. پاشان لەگەڵ خزمەتکارەکانی بەڕێکەوت و گەڕایەوە خاکەکەی خۆی.

## دانایی و دەوڵەمەندی سلێمان

[١٤]کێشی ئەو زێڕەش کە لە ساڵێکدا بۆ سلێمان دەهات، شەش سەد و شەست و شەش تالنت[c] زێڕ بوو، [١٥]جگە لە باجی سەر بازرگان و فرۆشیارەکان و پاشایانی عەرەب و فەرمانڕەوایانی خاکەکە.

[١٦]سلێمانی پاشا دوو سەد قەڵغانی گەورەی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، شەش سەد شاقل[d] زێڕ بۆ هەر قەڵغانێك. [١٧]سێ سەد قەڵغانی بچووکیشی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، سێ مەنا[e] زێڕ بۆ هەر قەڵغانێك. ئینجا پاشا لە کۆشکی دارستانەکەی لوبنان داینان.

[١٨]هەروەها پاشا تەختێکی گەورەی لە عاج دروستکرد و بە زێڕی بێگەرد ڕووپۆشی کرد. [١٩]تەختەکە شەش پێپلیکانەی هەبوو، بەشی سەرەوەی پاڵپشتەکەشی شێوەی نیمچە خڕ بوو، دوو دەسك لەم لاو لەو لایەوە لەسەر شوێنی دانیشتنەکە، دوو شێری ڕاوەستاویش لەتەنیشت دەسکەکان بوون. [٢٠]دوازدە شێری ڕاوەستاویش لەسەر ئەم لاو ئەو لای شەش پێپلیکانەکە هەبوو. لە هیچ پاشایەتییەك شتی وا دروستنەکرابوو. [٢١]هەموو کاسە و جامەکانی خواردنەوەی سلێمان پاشا زێڕ بوون، هەروەها هەموو قاپوقاچاغەکانی کۆشکی دارستانەکەی لوبنان لە زێڕی بێگەرد بوون، هیچ شتێك لە زیو دروستنەکرابوو، چونکە لە سەردەمی سلێمان زیو بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو. [٢٢]کەشتیگەلی[f] پاشا لەگەڵ کەشتییەکانی حیرام لە دەریا بوون، سێ ساڵ جارێك دەهاتن و زێڕ و زیو و عاج و مەیمون و تاوسیان دەهێنا.

[٢٣]سلێمان گەورەترین پاشا بوو لەنێو پاشاکانی سەر زەوی چ لە دەوڵەمەندی و چ لە دانایی. [٢٤]هەموو خەڵکی سەر زەوی بە ئاواتەوە بوون ڕووی سلێمان ببینن، هەتا گوێ لە داناییەکەی بگرن کە خودا لە دڵیدا دابینابوو. [٢٥]هەریەکە و ساڵ لەدوای ساڵ بە دیاری خۆیانەوە دەهاتن، لە قاپوقاچاغی زێڕ

---

[a] ١٠ سەد و بیست تالنت: نزیکەی ٤ تەن.

[b] ١١ ئەلگوم جۆرە دارێکی بەهێزە لە لوبنان دەڕوێت، ڕەنگی سوور و بۆنخۆشە.

[c] ١٤ شەش سەد و شەست و شەش تالنت: نزیکەی بیست و سێ تەن.

[d] ١٦ نزیکەی ٣,٥ کیلۆگرام.

[e] ١٧ سێ مەنا: نزیکەی ١,٧ کیلۆگرام.

[f] ٢٢ عیبری: کەشتییەکانی تەرشیش واتە جۆرە کەشتییەکی تایبەت بوون کە بۆ بازرگانی بەکاردەهێنران.

و زیو و جلوبەرگ و چەك و بۆنوبەرام و ئەسپ و
هێستر.
[٢٦]سلێمان گالیسکە و ئەسپ سواری کۆکردەوە،
هەزار و چوار سەد گالیسکە و دوازدە هەزار ئەسپ
سواری هەبوو. لە شارەکانی گالیسکەکان و لەگەڵ
خۆیدا لە ئۆرشەلیم داینان. [٢٧]هەروەها پاشا کارێکی
وای کرد کە لە ئۆرشەلیم زیو وەك بەردی لێ بێت،
دار ئورزیش لە زۆری وەك دار هەنجیری زوورگەکان
بێت. [٢٨]ئەسپەکانی سلێمان لە میسر و لە قەڤێیەوە[a]
هاوردە دەکران. بازرگانەکانی پاشا لە قەڤێیەوە بە
نرخێکی بازاڕ وەریاندەگرتن. [٢٩]گالیسکە لە میسرەوە
بە شەش سەد شاقل[b] زیو و ئەسپیش بە سەد و
پەنجا[c] هاوردەیان دەکرد، هەروەها بۆ هەموو
پاشاکانی حیتی و ئارامی هەناردەیان دەکرد.

## ژنەکانی سلێمان

١١ سلێمان پاشا سەرەڕای کچەکەی فیرعەون
زۆر ژنی دیکەی بێگانەی خۆشویست،
لە مۆئابی و عەمۆنی و ئەدۆمی و سەیدائی و
حیتییەکان، [٢]لەو گەلانەی کە یەزدان بە نەوەی
ئیسرائیلی فەرموو: «ژن و ژنخوازییان لەگەڵ مەکەن،
نەوەك دڵتان بۆ لای خوداوەندەکانیان ڕابکێشن.»
لەگەڵ ئەوەشدا سلێمان خۆشی ویستن و دڵی
پێیانەوە بەند بوو. [٣]حەوت سەد ژنی خانەدان و
سێ سەد کەنیزەی هەبوو، جا ژنەکانی دڵیان
هەڵگەڕاندەوە. [٤]ئەوە بوو لە تەمەنی پیری سلێمان،
ژنەکانی دڵیان بەلای خوداکانی دیکەدا ڕاکێشا، دڵی
وەك دڵی داودی باوکی لەگەڵ یەزدانی پەروەردگاری
خۆی تەواو نەبوو. [٥]ئیتر سلێمان دوای عەشتۆرەتی
خواژنی سەیدائییەکان و دوای مۆلەخی[d] خوداوەندی
قێزەونی عەمۆنییەکان کەوت. [٦]سلێمان لەبەرچاوی
یەزدان خراپەکاری کرد، بە پێچەوانەی داودی باوکی،
بە تەواوی دوای یەزدان نەکەوت.
[٧]لەو کاتەدا سلێمان لەسەر یەکێك لە کێوەکانی
بەرامبەر ئۆرشەلیم لەلای ڕۆژهەڵاتی شارەکە
نزرگەیەکی سەر بەرزایی[e] بۆ کەمۆشی خوداوەندی
قێزەونی مۆئابییەکان و هەروەها بۆ مۆلەخی
خوداوەندی قێزەونی عەمۆنییەکان بنیاد نا.
[٨]هەمان کاریشی بۆ هەموو ژنە بێگانەکانی کرد، کە
بخووریان دەسووتاند و قوربانییان سەردەبڕی بۆ
خوداوەندەکانیان.
[٩]یەزدان لە سلێمان تووڕە بوو، چونکە دڵی لە
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل هەڵگەڕایەوە، ئەوەی
دوو جار بۆی دەرکەوت. [١٠]هەرچەندە فەرمانی بە
سلێمان کردبوو کە دوای خودای دیکە نەکەوێت،
بەڵام ئەوەی یەزدان فەرمانی پێکرد، سلێمان
گوێڕایەڵ نەبوو. [١١]یەزدان بە سلێمانی فەرموو:
«لەبەر ئەم هەڵوێستەت و گوێڕایەڵنەبوونت بۆ
پەیمان و فەرزەکەی من کە فەرمانم پێ کردیت،
پاشایەتییەکەت لێ پارچەپارچە دەکەم و دەیدەمە
خزمەتکارەکەت، [١٢]بەڵام لەبەر داودی باوکت لە
ماوەی پاشایەتی خۆت نایکەم. لە دەستی کوڕەکەت
پارچەپارچەی دەکەم، [١٣]لەگەڵ ئەمەش هەموو
پاشایەتییەکەی لێ ناستێنمەوە، بەڵکو هۆزێکی
پێدەدەم، لەبەر داودی بەندەم و لەبەر ئۆرشەلیم کە
هەڵمبژاردووە.»

## دوژمنەکانی سلێمان

[١٤]ئینجا یەزدان دوژمنێکی لە سلێمان هەستاندەوە
کە هەدەدی ئەدۆمی بوو، لە بنەماڵەی شاهانەی
ئەدۆم بوو. [١٥]کاتێك داود لە ئەدۆم بوو، یۆئابی
فەرماندەی گشتی سوپا چوو بۆ ئەوەی کوژراوەکان
بنێژێت و هەرچی نێر لە ئەدۆم ماوە بیانکوژێت.
[١٦]یۆئاب و هەموو ئیسرائیل شەش مانگ لەوێدا

[a] ٢٨ قەڤێ: دەشێت کیلیکیا بێت. بڕوانە کردار ٩:٦ هتد.
[b] ٢٩ شەش سەد شاقل: نزیکەی ٧ کیلۆگرام.
[c] ٢٩ سەد و پەنجا شاقل: نزیکەی ١,٧ کیلۆگرام.
[d] ٥ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣:٢٨.
[e] ٧ مەبەست لەو شوێنەیە کە بۆ قوربانیکردن و ڕێوڕەسمی پەرستنی ئەو دوو بتە بووە. بڕوانە سەفەنیا ٥:١.

مانەوە هەتا هەموو نێرێکیان لە ئەدۆم لەناوبرد. ١٧بەڵام هەدەد کە هێشتا مێردمنداڵێکی بچووک بوو، لەگەڵ چەند پیاوێکی ئەدۆمی لە خزمەتکارانی باوکی بۆ میسر هەڵاتن. ١٨ئینجا لە میدیانەوە هەستان و چوونە پاران، چەند پیاوێکیان لە پارانەوە لەگەڵ خۆیاندا برد و چوونە میسر بۆ لای فیرعەونی پاشای میسر، ئەویش خانووی دایە هەدەد و فەرمانی دا خواردنی بدرێتێ و زەویشی پێدا.

١٩هەدەد لەبەرچاوی فیرعەون پەسەند بوو، خوشکی تەحپەنێسی شاژنی دایێ ببێتە ژنی. ٢٠خوشکەکەی تەحپەنێس کوڕێکی لێی بوو بە ناوی گەنوڤەت، تەحپەنێس لەنێو ماڵی فیرعەون پەروەردەی کرد، لەنێو کوڕەکانی فیرعەون.

٢١هەدەد لە میسر بوو کاتێك بیستی کە داود لەگەڵ باوباپیرانی سەری ناوەتەوە و یۆئابی فەرماندەی گشتی سوپاش مردووە، ئینجا هەدەد بە فیرعەونی گوت: «ڕێم بدە با بچمەوە خاکەکەم.»

٢٢فیرعەونیش پێی گوت: «لەلای من لە چیت کەمە هەتا داوای چوونەوە بکەیت بۆ خاکەکەت؟»

هەدەدیش گوتی: «لە هیچ، تەنها ڕێم بدە.»

٢٣خودا دوژمنێکی دیکەی لە سلێمان هەستاندەوە کە ڕەزۆنی کوڕی ئەلیاداع بوو، ئەوەی لەلای گەورەکەیەوە هەڵاتبوو، کە هەدەدعەزەری پاشای چۆڤا بوو. ٢٤لە کاتی کوشتارەکەی داود لە دژی هێزی چۆڤا، پیاوی لە خۆی کۆکردەوە و بووە سەردەستەیەکی چەتە، چوونە دیمەشق و لەوێ نیشتەجێ بوون، لە دیمەشق فەرمانڕەوایەتییان کرد. ٢٥جا ڕەزۆن لە سەردەمی سلێمان بووە دوژمنی ئیسرائیل، ئەمە سەرەڕای ئەو خراپەیەی کە هەدەد دەیکرد، ڕەزۆن بووە فەرمانڕەوای خاکی ئارام و ڕقی لە ئیسرائیل بووەوە.

## یاخیبوونی یارۆڤعام لە دژی سلێمان

٢٦هەروەها یارۆڤعامی کوڕی نەڤات کە خەڵکی چەرێدا بوو لە ئەفرایم، یەکێك بوو لە کاربەدەستەکانی سلێمان، لە پاشا یاخی بوو. دایکیشی بێوەژنێك بوو بە ناوی چەروعا.

٢٧یاخیبوونەکەشی لە دژی پاشا بەم شێوەیە بوو: ئەوە بوو کە سلێمان تەلانەکەی دروستکرد و کەلێنەکانی شاری داودی باوکی چاککردەوە، ٢٨بینی کە ئەم پیاوە پاڵەوان و بەهێزە، گەنجێکی کارامە و چالاکە، ئیتر یارۆڤعامی کرد بە سەرپەرشتیاری هەموو کاری بێگاری هۆزەکانی یوسف.

٢٩ئەوە بوو کە یارۆڤعام لە ئۆرشەلیم دەهاتە دەرەوە، ئاحییای شیلۆنیی پێغەمبەر لە ڕێگادا تووشی بوو، کەوایەکی نوێی لەبەر بوو. بە تەنها هەردووکیان لە دەشتودەر بوون، ٣٠ئاحییاش کەوا نوێیەکەی کە لەبەریدا بوو دایکەند و کردی بە دوازدە پارچەوە. ٣١بە یارۆڤعامی گوت: «دە پارچە بۆ خۆت ببە، چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”ئەوەتا من پاشایەتییەکە لە دەستی سلێمان پارچەپارچە دەکەم و دە هۆز بە تۆ دەدەم. ٣٢یەك هۆزیش بۆ ئەو دەبێت لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل، لەبەر داودی بەندەم و لەبەر ئۆرشەلیم ئەو شارەی کە هەڵمبژاردووە. ٣٣ئەو کارە دەکەم چونکە ئەوان وازیان لێ هێنام و کڕنۆشیان بۆ عەشتۆرەتی خواژنی سەیدائی و کەمۆشی خودای مۆئابی و مۆلەخی خودای عەمۆنییەکان برد. بە ڕێگای مندا نەڕۆیشتن هەتا وەك داودی باوکی سلێمان ئەوەی لەبەرچاوم ڕاستە بیکەن و فەرز و حوکمەکانم بەجێبهێنن.

٣٤«”بەڵام هەموو پاشایەتییەکە لە دەستی سلێمان ناستێنمەوە، بەڵکو هەموو بە درێژایی ژیانی دەیکەمە پاشا، لەبەر داودی بەندەم ئەوەی کە هەڵمبژارد، ئەوەی فەرمان و فەرزەکانی منی بەجێهێنا. ٣٥پاشایەتی لە دەست کوڕەکەی دەستێنمەوە و دە هۆزی دەدەم بە تۆ. ٣٦یەك هۆزیش دەدەمە کوڕەکەی، تاوەکو هەمیشە بۆ داودی بەندەم وەك چرایەك بێت لەبەردەممدا لە ئۆرشەلیم، ئەو شارەی بۆ خۆمم هەڵبژارد هەتا ناوم لەوێدا دابنێم. ٣٧تۆش دەبەم و فەرمانڕەوایەتی

دەکەیت بەسەر هەموو ئەوەی دڵت ئارەزووی بکات و بەسەر ئیسرائیلدا دەبیت بە پاشا. ٣٨ئەگەر بێت و گوێڕایەڵی هەموو ئەوە بیت کە فەرمانت پێدەدەم و بە ڕێگاکانمدا بڕۆیت و ئەوەی لەبەرچاوم ڕاستە بیکەیت و فەرز و فەرمانەکانم بەجێبهێنیت، وەک چۆن داودی بەندەم کردی، ئەوا لەگەڵتدا دەبم و بنەماڵەیەکی چەسپاوت بۆ بنیاد دەنێم وەک چۆن بۆ داودم بنیاد نا و ئیسرائیلت دەدەمێ. ٣٩نەوەی داودیش زەلیل دەکەم لەبەر ئەمە، بەڵام نەک بۆ هەتاهەتایە.“»

٤٠سلێمان هەوڵی کوشتنی یارۆڤعامی دا، بەڵام یارۆڤعام هەستا و هەڵات بۆ میسر بۆ لای شیشەقی پاشای میسر و هەتا کاتی مردنی سلێمان لە میسردا مایەوە.

## مردنی سلێمان

٤١ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی سلێمان و هەموو ئەوەی کردی و داناییەکەی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی سلێمان تۆمار کراون.
٤٢سلێمان چل ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد. ٤٣پاشان سلێمان لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شارەکەی داودی باوکی نێژرا. ئیتر ڕەحەڤعامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## یاخیبوونی ئیسرائیل لە دژی ڕەحەڤعام

١٢ ڕەحەڤعام چوو بۆ شەخەم، چونکە هەموو ئیسرائیل چووبوونە ئەوێ بۆ ئەوەی بیکەنە پاشا. ٢یارۆڤعامی کوڕی نەڤات ئەوەی لەبەردەم سلێمان پاشا هەڵاتبوو هێشتا لە میسر بوو، بەڵام کاتێک ئەمەی بیست، لە میسرەوە گەڕایەوە. ٣پاشان بەدوایاندا نارد، ئینجا یارۆڤعام و تەواوی کۆمەڵەی ئیسرائیل چوونە لای ڕەحەڤعام و پێیان گوت: ٤«باوکت نیرەکەی[a] ئێمەی قورس کرد، بەڵام ئێستا تۆ لە ئەرکە سەختەکەی باوکت و لە نیرە قورسەکەی ئێمە سووک بکەرەوە، ئێمەش خزمەتت دەکەین.»

٥ڕەحەڤعامیش وەڵامی دانەوە: «بڕۆن و پاش سێ ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە لام.» گەلیش ڕۆیشتن.

٦ئینجا ڕەحەڤعام پاشا ڕاوێژی بەو پیرانە کرد کە لە خزمەتی سلێمانی باوکیدا بوون کاتێک لە ژیاندا بوو، لێی پرسین: «تەگبیرتان چییە، چۆن وەڵامی ئەم گەلە بدەمەوە؟»

٧ئەوانیش قسەیان لەگەڵی کرد و گوتیان: «ئەگەر لە ئەمڕۆوە ببیتە خزمەتکاری ئەم گەلە، خزمەتیان بکەیت و ڕازییان بکەیت و قسەی چاکیان لەگەڵ بکەیت، ئەوا بۆ هەمیشە دەبنە بەندەی تۆ.»

٨بەڵام ڕەحەڤعام ڕاوێژی پیرەکانی پشتگوێ خست کە پێیان دا و ڕاوێژی بەو گەنجانە کرد کە لەگەڵی گەورە ببوون و خزمەتیان دەکرد. ٩لێی پرسین: «ئێوە ڕاتان چییە؟ بە چی وەڵامی ئەم گەلە بدەینەوە، کە قسەیان لەگەڵ کردووم و گوتیان: ”ئەو نیرەی باوکت کە لەسەر ئێمەی داناوە سووکی بکەرەوە“؟»

١٠ئەو گەنجانەش کە لەگەڵی گەورە ببوون، وەڵامیان دایەوە: «ئەو گەلەی کە پێیان گوتی: ”باوکت نیرەکەی ئێمەی قورس کردووە، بەڵام تۆ نیرەکەمان لەسەر سووک بکە،“ تۆ پێیان بڵێ: ”پەنجە تووتەم لە کەمەری باوکم ئەستوورترە. ١١باوکم بە نیرێکی قورس باری کردوون، ئێستاش من زیاتر دەخەمە سەر نیرەکەتان. باوکم بە قامچی تەمبێی کردوون، من بە دووپشک تەمبێتان دەکەم.“»

١٢لە ڕۆژی سێیەم یارۆڤعام و هەموو گەل هاتنە لای ڕەحەڤعام، هەروەک پاشا پێی گوتبوون: «لەپاش سێ ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە لام.» ١٣پاشا بە توندی وەڵامی گەلی دایەوە، ڕاوێژی پیرەکانی پشتگوێ خست کە بۆیان کرد، ١٤بەپێی ئامۆژگاری گەنجەکان قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: «باوکم نیرەکەی ئێوەی قورس کرد، منیش نیرەکەتان قورستر دەکەم؛ باوکم بە قامچی تەمبێی کردن، من بە دووپشک تەمبێتان دەکەم.» ١٥پاشا گوێی لە گەل نەگرت، ئەمە بە

---

[a] ٤ مەبەستی لە بارگرانییە.

ویستی یەزدان بوو، هەتا فەرمایشتەکەی بهێنێتە دی، ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی ئاحییای شیلۆنی بە یارۆڤعامی کوڕی نەڤاتی فەرمووبوو.

[١٦]کاتێك هەموو ئیسرائیل بینییان پاشا گوێی لێ نەگرتن، گەل وەڵامی پاشایان دایەوە:

«چ بەشێکمان لەگەڵ داود هەیە،
چ میراتێك لە کوڕی یەسا؟
ئەی ئیسرائیل، بگەڕێنەوە چادرەکانتان!
ئەی داود، تەماشای ماڵەکەت بکە!»

ئیتر ئیسرائیلییەکان گەڕانەوە چادرەکانیان. [١٧]بەڵام ڕەحەڤعام هێشتا پاشایەتی دەکرد بەسەر ئەو ئیسرائیلییانەی لە شارۆچکەکانی یەهودا نیشتەجێ بوون.

[١٨]ڕەحەڤعام پاشا ئەدۆنیرامی نارد، ئەوەی کە سەرپەرشتیاری کاری بێگاری بوو، بەڵام هەموو ئیسرائیل بەردبارانیان کرد و مرد. ئیتر ڕەحەڤعام پاشا پێڕاگەیشت کە سواری گالیسکەکەی بێت و بەرەو ئۆرشەلیم هەڵبێت. [١٩]بەو شێوەیە هەتا ئەمڕۆ ئیسرائیل لە بنەماڵەی داود یاخی بوون.

[٢٠]کاتێك هەموو ئیسرائیل بیستیان کە یارۆڤعام گەڕاوەتەوە، هێنایانە ئەنجومەن و کردیانە پاشای هەموو ئیسرائیل. کەسیش دوای ماڵی داود نەکەوت، تەنها هۆزی یەهودا نەبێت.

[٢١]کاتێك ڕەحەڤعام گەیشتە ئۆرشەلیم، هەموو بنەماڵەی یەهودا و هۆزی بنیامینی کۆکردەوە، سەد و هەشتا هەزار جەنگاوەری هەڵبژارد، هەتا لە دژی ئیسرائیل بجەنگن و پاشایەتییەکە بۆ ڕەحەڤعامی کوڕی سلێمان بگەڕێننەوە.

[٢٢]بەڵام پەیامی خودا بۆ شەمەعیای پیاوی خودا هات: [٢٣]«بە ڕەحەڤعامی کوڕی سلێمان، پاشای یەهودا و هەموو بنەماڵەی یەهودا و بنیامین و بە پاشماوەی گەل بڵێ، [٢٤]”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: مەچن و لە دژی نەوەی ئیسرائیلی براتان مەجەنگن. هەریەکە و بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە، چونکە ئەمە لەلایەن منەوەیە.“» ئەوانیش گوێڕایەڵی فەرمایشتی یەزدان بوون و بەگوێرەی فەرمانی یەزدان گەڕانەوە.

## گوێرەکە زێڕینەکانی بێتئێل و دان

[٢٥]ئینجا یارۆڤعام شارۆچکەی شەخەمی ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایمی کردە شارێکی قەڵابەند و تێیدا نیشتەجێ بوو، لەوێشەوە پەنیێلی نۆژەن کردەوە.

[٢٦]یارۆڤعام لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئێستا پاشایەتییەکە بۆ ماڵی داود دەگەڕێتەوە.» [٢٧]ئەگەر ئەم گەلە سەربکەون بۆ ئەوەی لە پەرستگای یەزدان، لە ئۆرشەلیم قوربانی پێشکەش بکەن، دڵی ئەم گەلە بۆ گەورەکەیان دەبێت، ڕەحەڤعامی پاشای یەهودا، منیش دەکوژن و دەگەڕێنەوە لای ئەو.

[٢٨]پاش ڕاوێژکردن پاشا دوو گوێرەکەی زێڕینی دروستکرد و بە گەلی گوت: «ئەی ئیسرائیل، بۆ ئێوە زەحمەتە سەربکەونە ئۆرشەلیم. ئەوەتا خوداوەندەکانت، ئەوانەی لە خاکی میسرەوە دەریانهێنایت.» [٢٩]ئینجا یەکێکیانی لە بێتئێل دانا و ئەوی دیکەیان لە دان. [٣٠]ئەم کارەش بووە گوناه. گەل بۆ پەرستن دەچوونە بێتئێل و هەتا دانیش دەچوون بۆ پەرستنی ئەوەی دیکە.

[٣١]یارۆڤعام نزرگەکانی سەر بەرزاییشی دروستکرد، لە هەموو لایەکی گەلەوە خەڵکی کردە کاهین، هەرچەندە لە نەوەی لێڤیش نەبوون. [٣٢]ڕۆژی پازدەی مانگی هەشتی کردە جەژن، هەروەك ئەو جەژنەی لە یەهودا هەبوو، قوربانی سەرخستە سەر قوربانگاکە. بەم جۆرەی کرد لە بێتئێل، قوربانی بۆ ئەو دوو گوێرەکەیە سەربڕی کە دروستی کردن، هەروەها لە بێتئێل کاهینانی ڕاگرت بۆ نزرگەکانی سەر بەرزایی کە دروستی کردبوون. [٣٣]لە پازدەی مانگی هەشت، لەو مانگەی کە خۆی بۆ خۆی دایهێنابوو قوربانی سەرخستە سەر قوربانگاکە کە لە بێتئێل دروستی کردبوو. جەژنی بۆ نەوەی ئیسرائیل دانا و بۆ بخوور سووتاندن سەرکەوتە سەر قوربانگا.

## هاتنی پیاوێکی خودا لە یەهوداوە

١٣ ئەوە بوو پیاوێکی خودا بە فەرمایشتی
یەزدان لە یەهوداوە هاتە بێتئێل،
یارۆڤعامیش لەلای قوربانگاکەوە ڕاوەستابوو بۆ
بخوور سووتاندن. [٢]پیاوەکە بەگوێرەی فەرمایشتی
یەزدان ڕووەو قوربانگاکە هاواری کرد و گوتی:
«ئەی قوربانگا! ئەی قوربانگا! یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: ”کوڕێك لە نەوەی داود دەبێت، ناوی
یۆشیایە، کاهینانی نزرگەکانی سەر بەرزاییت لەسەر
سەردەبڕێت، ئەوانەی بخوورت لەسەر دەسووتێنن،
ئێسکی مرۆڤیشت لەسەر دەسووتێنرێ.“» [٣]هەر لەو
ڕۆژەشدا پیاوەکەی خودا نیشانەیەکی دا و گوتی:
«ئەمەش ئەو نیشانەیە کە یەزدان فەرموویەتی،
قوربانگاکە شەق دەبات و خۆڵەمێشەکەی سەریشی
پەرشوبڵاو دەبێتەوە.»
[٤]کاتێك یارۆڤعامی پاشا گوێی لە قسەی پیاوەکەی
خودا بوو، کە لە بێتئێل ڕووەو قوربانگاکە کردی،
یارۆڤعام لە قوربانگاکەوە دەستی درێژکرد و گوتی:
«بیگرن!» بەڵام ئەو دەستەی کە ڕووەو ئەو درێژی
کرد وشك بوو، نەیتوانی بیکێشێتەوە. [٥]قوربانگاکەش
شەقی برد و خۆڵەمێشەکەی سەری پەرشوبڵاو
بووەوە، هەروەك ئەو نیشانەیەی پیاوەکەی خودا
بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان ئاماژەی کرد.
[٦]ئینجا پاشا بە پیاوەکەی خودای گوت: «تکایە لە
بەرامبەر یەزدانی خوداکەت بپاڕێوە و لە پێناوی من
نزا بکە هەتا دەستم چاك بێتەوە.» پیاوەکەی خوداش
لە بەرامبەر یەزدان پاڕایەوە، دەستی پاشا وەك جاری
جاران چاك بووەوە.
[٧]پاشا بە پیاوەکەی خودای گوت: «لەگەڵم وەرە
ماڵەوە، پشوو بدە و پاداشتیشت دەدەمێ.»
[٨]پیاوەکەی خوداش بە پاشای گوت: «ئەگەر
نیوەی ماڵەکەشتم بدەیتێ، لەگەڵت نایەم، لەم
شوێنە نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە، [٩]چونکە بەگوێرەی
فەرمایشتی یەزدان بەم جۆرە فەرمانم پێکراوە:
”نە نان بخۆ و نە ئاو بخۆوە و نە بەو ڕێگایەشدا
بگەڕێوە کە پێیدا چوویت.“» [١٠]ئینجا بە ڕێگایەکی
دیکەدا ڕۆیشت و بەو ڕێگایەدا نەگەڕایەوە کە پێیدا
هاتە بێتئێل.
[١١]پێغەمبەرێکی پیر هەبوو لە بێتئێل دەژیا،
کوڕەکانی هاتن و هەموو ئەو کارەیان بۆ گێڕایەوە
کە پیاوەکەی خودا لەو ڕۆژەدا لە بێتئێل کردی، ئەو
قسانەش کە بە پاشای گوتبوو، بۆ باوکیان گێڕایەوە.
[١٢]باوکیشیان لێی پرسین: «بە کام ڕێگادا ڕۆیشت؟»
کوڕەکانی ئەو ڕێگایەیان پیشان دا کە پیاوەکەی خودا
ئەوەی لە یەهوداوە هاتبوو پێدا ڕۆیشتبوو. [١٣]ئینجا
بە کوڕەکانی گوت: «گوێدرێژەکەم بۆ کورتان بکەن.»
ئەوانیش گوێدرێژەکەیان بۆ کورتان کرد و سواری
بوو. [١٤]لەدوای پیاوەکەی خودا ڕۆیشت و دۆزییەوە
لەژێر دار بەڕوویەکدا دانیشتبوو، پێی گوت: «ئایا تۆ
پیاوەکەی خودایت، ئەوەی لە یەهوداوە هاتووە؟»
ئەویش گوتی: «بەڵێ ئەوم.»
[١٥]پێی گوت: «لەگەڵم وەرە ماڵەوە و نان بخۆ.»
[١٦]پیاوەکەی خوداش گوتی: «ناتوانم لەگەڵت
بگەڕێمەوە و لەگەڵت نایەمە ژوورەوە، لەم شوێنە
لەگەڵت نان ناخۆم و ئاو ناخۆمەوە، [١٧]چونکە بە
فەرمایشتی یەزدان پێم گوتراوە: ”لەوێدا نان مەخۆ
و ئاو مەخۆوە و بەو ڕێگایەدا مەگەڕێوە کە پێدا
ڕۆیشتی.“»
[١٨]ئەویش پێی گوت: «هەروەها منیش وەك تۆ
پێغەمبەرم و فریشتەیەك بە فەرمایشتی یەزدان
قسەی لەگەڵ کردم و فەرمووی: ”لەگەڵ خۆتدا
بیبە ماڵەکەت هەتا نان بخوات و ئاو بخواتەوە.“»
بەمە درۆی لەگەڵ کرد. [١٩]پیاوەکەی خوداش
لەگەڵی گەڕایەوە و لە ماڵەکەی نانی خوارد و ئاوی
خواردەوە.
[٢٠]لە کاتێکدا کە لەسەر خوانەکە دانیشتبوون،
ئەوە بوو فەرمایشتی یەزدان هات بۆ پێغەمبەرەکەی
کە گەڕاندییەوە. [٢١]بانگی پیاوەکەی خودای کرد،
ئەوەی لە یەهوداوە هاتبوو، گوتی: «یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی سەرپێچی فەرمایشتی
یەزدانت کرد و کارت بەو فەرمانەت نەکرد کە
یەزدانی خوداکەت فەرمانی پێ کردیت، [٢٢]گەڕایتەوە

و نانت خوارد و ئاوت خواردەوە لەو شوێنەی کە
پێت گوترا نان و ئاوی لێ مەخۆ، لەبەر ئەوە
لاشەکەت ناچێتە ناو گۆڕی باوباپیرانت.“»
[٢٣]پاش ئەوەی پیاوەکەی خودا خواردی و
خواردیەوە، ئەو پێغەمبەرەی کە گەڕاندبوویەوە،
گوێدرێژەکەی بۆ کورتان کرد. [٢٤]جا ڕۆیشت و لە
ڕێگا شێرێکی لێ پەیدا بوو، کوشتی. لاشەکەی
لەسەر ڕێگاکە کەوتبوو، گوێدرێژ و شێرەکەش لەلای
لاشەکە ڕاوەستابوون. [٢٥]لەو کاتەدا چەند پیاوێك
تێپەڕین و بینییان لاشەکە لەسەر ڕێگاکە کەوتووە و
شێرەکەش لەلای لاشەکە ڕاوەستاوە، ئینجا چوون و
ئەو هەواڵەیان لەو شارەدا بڵاوکردەوە کە پێغەمبەرە
پیرەکە تێیدا دەژیا.
[٢٦]کاتێك ئەو پێغەمبەرەی کە ئەوی گەڕاندەوە
لەسەر ڕێگاکە بیستی، گوتی: «ئەوە پیاوەکەی
خودایە کە سەرپێچی فەرمایشتی یەزدانی کرد.
یەزدانیش دایە دەستی شێر و پەلاماری دا و کوشتی،
هەروەك یەزدان فەرمووی ئاوای بەسەرهات.»
[٢٧]ئینجا بە کوڕەکانی گوت: «گوێدرێژەکەم
بۆ کورتان بکەن.» ئەوانیش کورتانیان کرد.
[٢٨]چوو و لاشەکەی بینییەوە لەسەر ڕێگاکە
کەوتبوو، گوێدرێژەکە و شێرەکەش لەلای لاشەکە
ڕاوەستابوون. شێرەکە لاشەکەی نەخواردبوو،
پەلاماری گوێدرێژەکەشی نەدابوو. [٢٩]پێغەمبەرەکە
لاشەی پیاوەکەی خودای هەڵگرت و خستییە سەر
گوێدرێژەکە و بردییەوە، پێغەمبەرە پیرەکە هاتە ناو
شارەکەوە هەتا بینێژێت و پرسەی بۆ بگرێت. [٣٠]ئینجا
لاشەکەی خستە ناو گۆڕەکەی خۆی، شیوەنیان بۆ
گێڕا و گوتیان: «ئای براکەم!»
[٣١]پاش ئەوەی کە ناشتیان، قسەی لەگەڵ کوڕەکانی
کرد و گوتی: «کە مردم لەو گۆڕەدا بمنێژن کە
پیاوەکەی خودای تێدا نێژرا، ئێسکەکانم لەتەنیشت
ئێسکەکانی ئەو دابنێن، [٣٢]چونکە بە تەواوی ئەو
پەیامە دێتە دی، کە بەپێی فەرمایشتی یەزدان ڕووەو
قوربانگاکەی بێتئێل و ڕووەو هەموو نزرگەکانی
سەر بەرزایی کردی، ئەوانەی لە شارۆچکەکانی
سامیرەدان.»
[٣٣]تەنانەت لەدوای ئەم ڕووداوەش، یارۆڤعام لە
ڕێگا خراپەکەی پاشگەز نەبووەوە، بەڵکو دووبارە
لە هەموو لایەکی گەلەوە خەڵکی کردە کاهینی
نزرگەکانی سەر بەرزایی، هەرکەسێك دەیویست
ببێتە کاهین، ئەرکی پێ دەسپارد و دەبووە یەکێك
لە کاهینانی نزرگەکانی سەر بەرزایی. [٣٤]ئەمە بووە
گوناه بۆ بنەماڵەی یارۆڤعام، بووە هۆی وێرانبوون و
لەناوچوونیان لەسەر ڕووی زەوی.

## پەیامی ئاحییا لە دژی یارۆڤعام

١٤ لەو کاتەدا ئەبیای کوڕی یارۆڤعام نەخۆش
کەوت. [٢]یارۆڤعام بە ژنەکەی گوت:
«هەستە و شێوەی خۆت بگۆڕە هەتا نەزانن کە تۆ
ژنی یارۆڤعامیت و بڕۆ بۆ شیلۆ، ئەوەتا لەوێ ئاحییا
پێغەمبەری لێیە، ئەو دەربارەی من گوتی کە دەبمە
پاشای ئەم گەلە. [٣]لەگەڵ دەستت دە نان و هەندێك
کێك و گۆزەیەك هەنگوین ببە و بڕۆ لای، ئەو
پێت ڕادەگەیەنێت کوڕەکە چی لێدێت.» [٤]ژنەکەی
یارۆڤعامیش بەو جۆرەی کرد و هەستا و چوو بۆ
شیلۆ، چوو بۆ ماڵی ئاحییا.
ئاحییاش نەیدەتوانی ببینێت، چونکە بەهۆی
پیرییەوە چاوەکانی کز ببوون. [٥]یەزدانیش بە ئاحییای
فەرموو: «ئەوەتا ژنەکەی یارۆڤعام دێتە لات هەتا
شتێکت لەبارەی کوڕەکەیەوە لێ بپرسێت، چونکە
نەخۆشە. تۆش ئەمە و ئەوەی پێ بڵێ، کە دێتە
ژوورەوەش شێوەی خۆی گۆڕیوە.»
[٦]ئەوە بوو کە ئاحییا گوێی لە دەنگی پێی بوو
لە دەرگاکەوە دەهاتە ژوورەوە، گوتی: «ژنەکەی
یارۆڤعام وەرە ژوورەوە. بۆچی وا شێوەی خۆتت
گۆڕیوە؟ من نێردراوی هەواڵێکی ناخۆشم بۆ تۆ.
[٧]بڕۆ و بە یارۆڤعام بڵێ: یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”لەنێو گەل پایەبەرزم
کردیت و تۆم کردە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلەکەم.
[٨]پاشایەتییەکەم لە بنەماڵەی داود سەندەوە و دامە

تۆ، تۆش وەك داودی بەندەم نەبوویت، ئەوەی کاری بە ڕاسپاردەکانم کرد و ئەوەی بە هەموو دڵییەوە دوام کەوت، بۆ ئەوەی تەنها ئەوەی لەبەرچاومدا ڕاستە بیکات. [٩] بەڵام تۆ لە هەموو ئەوانەی پێش خۆت زیاتر خراپەت کرد و چوویت خودای دیکەت لەگەڵ بتە داڕێژراوەکان بۆ خۆتت دروستکرد، هەتا پەستم بکەیت، منیشت پشتگوێ خست.

[١٠] «"لەبەر ئەوە، بنەماڵەی یارۆڤعام تووشی کارەسات دەکەم و هەموو نێرینەیەکی کۆیلە یان ئازادی یارۆڤعام لە ئیسرائیل بنبڕ دەکەم، پاشماوەی بنەماڵەی یارۆڤعام دەسووتێنم، هەروەك چۆن تەپاڵە هەتا تەواو دەبێت دەسووتێنرێت. [١١] هەرکەسێکی یارۆڤعام لەناو شار بمرێت سەگ دەیخوات و هەرکەسێکیش لە دەشتودەر بمرێت باڵندەی ئاسمان دەیخوات. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە!"

[١٢] «تۆش هەستە و بگەڕێوە ماڵەکەت، کە پێ دەخەیتە ناو شارەکە کوڕەکەت دەمرێت. [١٣] هەموو ئیسرائیلیش شیوەنی بۆ دەگێڕن و دەینێژن، چونکە تەنها ئەم لە نەوەی یارۆڤعام دەچێتە ناو گۆڕ، لەبەر ئەوەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل لە هەموو بنەماڵەی یارۆڤعام تەنها لە ئەودا چاکەی بینی.

[١٤] «یەزدان خۆی پاشایەك بۆ ئیسرائیل دادەنێت کە ماڵی یارۆڤعام بنبڕ دەکات. ئەمە ڕۆژەکەیە! بەڵێ، ئەمە ڕۆژەکەیە. [١٥] یەزدان لە ئیسرائیلیش دەدات، وەك قامیشێك کە چۆن لەناو ئاو دەلەرێتەوە. ئیسرائیل لەم زەوییە چاکە ڕیشەکێش دەکات کە داویەتییە باوباپیرانیان و بۆ ئەوبەری ڕووباری فورات پەرتەوازەیان دەکات، لەبەر ئەوەی ستوونە ئەشێراکانیان[a] دروستکرد و یەزدانیان پەست کرد. [١٦] بەهۆی گوناهەکانی یارۆڤعام واز لە ئیسرائیلیش دەهێنێت، کە گوناهی کرد و وای لە ئیسرائیلیش کرد گوناه بکات.»

[١٧] ئینجا ژنەکەی یارۆڤعام هەستا و ڕۆیشت، چوو بۆ تیرزە. کاتێك گەیشتە بەردەرگای ماڵ کوڕەکە مرد. [١٨] ناشتیان و هەموو ئیسرائیل شیوەنی بۆ گێڕا، هەروەك یەزدان لە ڕێگەی بەندەی خۆی، ئاحییای پێغەمبەرەوە فەرمووی.

[١٩] ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یارۆڤعامیش کە چۆن جەنگاوە و چۆن پاشایەتی کردووە، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

[٢٠] یارۆڤعام بیست و دوو ساڵ پاشایەتی کرد، ئینجا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە. ئیتر نادابی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ڕەحەڤعام لە یەهودا

[٢١] ڕەحەڤعامی کوڕی سلێمان، کە نەعمای عەمۆنی دایکی بوو، لە تەمەنی چل و یەك ساڵی لە یەهودا بوو بە پاشا. حەڤدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ئەو شارەی یەزدان لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هەڵیبژارد هەتا ناوی خۆی تێدا دابنێت.

[٢٢] گەلی یەهوداش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکارییان کرد، ئینجا بەو گوناهانەی کە کردیان لە باوباپیرانیان زیاتر ئیرەیی یەزدانیان وروژاند. [٢٣] هەروەها ئەوانیش نزرگەی سەر بەرزایی و بەردی تەرخانکراو[b] و ستوونە ئەشێراکانیان لەسەر هەر گردێکی بەرز و لەژێر هەر دارێکی سەوز بۆ خۆیان دامەزراند. [٢٤] تەنانەت پیاوی لەشفرۆشیش لە نزرگەکانی خاکەکە هەبوو، هەموو نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەیان کرد کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل وەدەرینان.

[٢٥] لە پێنجەمین ساڵی پاشایەتی ڕەحەڤعام، شیشەقی پاشای میسر هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم. [٢٦] گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا و هەرچی هەبوو بردی، هەموو قەڵغانە زێڕینەکانیشی برد، کە سلێمان دروستی کردبوون. [٢٧] لەبەر ئەوە ڕەحەڤعام پاشا لە جێی ئەوانە قەڵغانی بڕۆنزی

[a] ١٥ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١.

[b] ٢٣ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ٢١:١٦-٢٢.

دروستکرد و دایە دەستی سەرکردەی پاسەوانەکانی دەروازەی کۆشکی شاهانە. [٢٨]هەر کاتێك پاشا بۆ پەرستگای یەزدان دەچوو، پاسەوانەکان قەڵغانەکانیان هەڵدەگرت و پاشان دەیانگەڕاندەوە ژووری پاسەوانەکان.

[٢٩]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ڕەحەڤەعام و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[٣٠]بەردەوام جەنگ لەنێوان ڕەحەڤەعام و یارۆڤعام هەبوو. [٣١]ئیتر ڕەحەڤەعام لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لەلای ئەوان لە شاری داود بە خاك سپێردرا، نەعمای عەمۆنی دایکی بوو. ئەبیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئەبیا

١٥ لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات، ئەبیا بوو بە پاشای یەهودا. [٢]سێ ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی مەعکای کچی ئەڤیشالۆم[a] بوو.

[٣]بە هەموو گوناهەکانی باوکیدا ڕۆیشت کە لەپێش ئەوەوە کردبوونی، دڵی بە تەواوی لەگەڵ یەزدانی پەروەردگاری خۆی نەبوو، وەك دڵی داودی باپیرە گەورەی. [٤]بەڵام یەزدانی پەروەردگاری خۆی لەبەر داود چرایەکی لە ئۆرشەلیم دایێ، بەوەی کە کوڕەکەی لەپاش خۆی پایەدار کرد و ئۆرشەلیمیشی ڕاگرت، [٥]چونکە ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو داود کردبووی، لە هەموو ماوەی ژیانی لە هیچ لای نەدا لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکرابوو، تەنها لە بابەتەکەی ئوریای حیتی نەبێت.

[٦]بە درێژایی ماوەی ژیانی ئەبیا جەنگ لەنێوان ڕەحەڤەعام و یارۆڤعام هەبوو. [٧]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەبیا و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون. جەنگ لەنێوان ئەبیا و یارۆڤعامیش هەبوو. [٨]ئەبیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شاری داود نێژرا. ئیتر ئاسای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئاسا

[٩]لە بیستەمین ساڵی پاشایەتی یارۆڤعامی پاشای ئیسرائیل، ئاسا بوو بە پاشای یەهودا. [١٠]چل و یەك ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، داپیری ناوی مەعکای کچی ئەڤیشالۆم بوو.

[١١]ئاسا بە هەمان شێوەی داودی باوکی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، [١٢]پیاوە لەشفرۆشەکانی لە خاکەکە ڕاماڵی و هەموو ئەو بتانەشی لابرد کە باوباپیرانی دروستیان کردبوون. [١٣]ئاسا تەنانەت مەعکای داپیریشی لە پلەی شاژنی دایك لابرد، لەبەر ئەوەی ستوونە ئەشێرایەکی قێزەونی دروستکردبوو. ستوونەکەی بڕییەوە و لە دۆڵی قدرۆن سووتاندی. [١٤]هەرچەندە نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران، بەڵام دڵی ئاسا بە درێژایی ژیانی بە تەواوی لەگەڵ یەزدان بوو. [١٥]شتە تەرخانکراوەکانی خۆی و باوکی لە زێڕ و زیو و قاپوقاچاغ هێنایە ناو پەرستگای یەزدان.

[١٦]بە درێژایی ماوەی حوکمڕانیشیان جەنگ لەنێوان ئاسا و بەعشای پاشای ئیسرائیلدا هەبوو. [١٧]بەعشای پاشای ئیسرائیل هێرشی کردە سەر یەهودا و شارۆچکەی ڕامەی کردە شارێکی قەڵابەند، بۆ ئەوەی لە سنووری ئاسای پاشای یەهودا ڕێی هاتوچۆکردن بگرێت.

[١٨]ئاساش هەموو ئەو زێڕ و زیوەی کە لە گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشادا مابووەوە دەریهێنا و دایە دەست کاربەدەستەکانی. ئاسای پاشا ناردی بۆ بەنهەدەدی کوڕی تەڤریمۆنی کوڕی حەزیۆنی پاشای ئارام کە لە دیمەشق دادەنیشت، گوتی: [١٩]«با پەیمانێك لەنێوان من و تۆدا هەبێت وەك ئەوەی لەنێوان باوکم و باوکتدا هەبوو. من وا زێڕ و زیوم بە دیاری بۆ ناردوویت، ئێستا وەرە پەیمانەکەت لەگەڵ بەعشای پاشای ئیسرائیل هەڵوەشێنەوە، هەتا لەلای من بکشێتەوە.»

[a] ٢ ئەڤیشالۆم: جۆرێکە لە جۆرەکانی ناوی ئەبشالۆم، لێرە و لە ئایەتی ١٠.

٢٠بەن‌هەدەدیش بە قسەی ئاسا پاشای کرد، سەرکردەکانی سوپاکەی ناردە سەر شارۆچکەکانی ئیسرائیل، عییۆن و دان و ئابێلی بێت‌مەعکا و هەموو کینەرەت و هەموو خاکی نەفتالی داگیر کرد. ٢١کاتێك بەعشا ئەمەی بیستەوە دەستی لە بنیادنانی ڕامە هەڵگرت و کشایەوە تیرزە. ٢٢ئاسا پاشاش هەموو یەهودای بانگکرد، بێ ئەوەی کەسیانی لێ بەدەر بکات، ئەو بەرد و دارانەی هەڵگرت کە بەعشا لە شارۆچکەی ڕامە بەکاریهێنابوون، ئینجا ئاسا پاشا بەوان گەڤەعی لە خاکی بنیامین و میچپای ئاوەدان کردەوە.

٢٣ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئاسا، هەموو دەستکەوتەکانی و هەموو ئەوەی کردی و هەموو ئەو شارانەی بنیادی نا، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون، بەڵام لە سەردەمی پیری پێیەکانی تووشی نەخۆشی بوون. ٢٤پاشان ئاسا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داودی باپیرە گەورەی نێژرا. ئیتر یەهۆشافاتی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ناداب لە ئیسرائیل

٢٥نادابی کوڕی یارۆڤعامیش لە ساڵی دووەمی ئاسای پاشای یەهودا، بوو بە پاشای ئیسرائیل، دوو ساڵ پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ٢٦لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەدوای ڕێگای باوکی کەوت و هەمان گوناهی ئەوی کرد کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

٢٧ئینجا بەعشای کوڕی ئاحییای بنەماڵەی یەساخار پیلانی لە دژی گێڕا: کاتێك ناداب و هەموو ئیسرائیل گەمارۆی گیبەتۆنیان دابوو، بەعشا لە گیبەتۆنی فەلەستییەکان لە نادابی دا و کوشتی. ٢٨لە سێیەمین ساڵی ئاسای پاشای یەهودا کوشتی و لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

٢٩کە بەعشا بوو بە پاشا، هەموو بنەماڵەی یارۆڤعامی کوشت. هیچ هەناسەیەکی لە بنەماڵەی یارۆڤعام نەهێشت، هەمووی لەناو بردن، هەروەکو فەرمایشتەکەی یەزدان کە لە ڕێگەی خزمەتکارەکەی ئاحییای شیلۆنی فەرمووبووی. ٣٠ئەمەش لەبەر ئەو گوناهانە بوو کە یارۆڤعام کردبوونی و بەهۆیانەوە وای لە ئیسرائیل کرد گوناه بکەن، هەروەها یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلیان پەست کرد.

٣١ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ناداب و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

٣٢بە درێژایی ماوەی پاشایەتییان جەنگ لەنێوان ئاسا و بەعشای پاشای ئیسرائیلدا هەبوو.

## پاشایەتی بەعشا

٣٣لە سێیەمین ساڵی ئاسای پاشای یەهودا بەعشای کوڕی ئاحییا لە تیرزە بوو بە پاشا، بیست و چوار ساڵ پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد. ٣٤لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەدوای ڕێگای یارۆڤعام کەوت و هەمان گوناهی ئەوی کرد کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

١٦ فەرمایشتی یەزدان بۆ یێهوی کوڕی حەنانی هات سەبارەت بە بەعشا: ٢«لەبەر ئەوەی لە خۆڵەوە تۆم بەرزکردەوە و تۆم کردە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلەکەی خۆم، بەڵام تۆ ڕێچکەی یارۆڤعامت گرتەبەر و وات لە ئیسرائیلی گەلەکەی من کرد گوناه بکەن و بە گوناهەکانیان پەستم بکەن، ٣لەبەر ئەوە بەعشا و بنەماڵەکەی ڕیشەکێش دەکەم، بنەماڵەکەی تۆ وەك بنەماڵەکەی یارۆڤعامی کوڕی نەڤاتی لێ دەکەم. ٤هەرکەسێکی بەعشا لە شار بمرێت سەگ دەیخوات، ئەوەشی لە کێڵگە بمرێت باڵندەی ئاسمان.»

٥ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی بەعشا، ئەوەی کردی و ئەو پاڵەوانییەتییەی کە نواندی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

٦بەعشا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە تیرزە نێژرا. ئیتر ئێلەی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

٧هەروەها لە ڕێگەی یێهو پێغەمبەری کوڕی

حەنانییەوە فەرمایشتی یەزدان هات سەبارەت بە
بەعشا و بنەماڵەکەی بەهۆی هەموو ئەو خراپانەی
لەبەرچاوی یەزدان کردبووی، بەوەی کە بە
کردەوەکانی پەستی کرد، وەك بنەماڵەی یارۆڤعامی
لێهات، هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە کە بنەماڵەی
یارۆڤعامی لەناو برد.

## پاشایەتی ئێلە لە ئیسرائیل

٨ لە بیست و شەشەمین ساڵی پاشایەتی ئاسا
پاشای یەهودا، ئێلەی کوڕی بەعشا لە تیرزە بوو بە
پاشای ئیسرائیل، دوو ساڵ پاشایەتی کرد.
٩ زیمری کاربەدەستی کە فەرماندەی نیوەی
گالیسکەکانی پاشا بوو، پیلانی لە دژی گێڕا.
کاتێك ئێلە لە ماڵی ئەرچا بوو لە تیرزە، ئەوەی
کە سەرپەرشتیاری کۆشکەکەی ئەو بوو لە تیرزە،
دەیخواردەوە و سەرخۆش بوو، ١٠ زیمری هاتە
ژوورەوە و لێیدا و کوشتی. لە بیست و حەوتەمین
ساڵی ئاسا پاشای یەهودا لە جێی ئەو بوو بە پاشا.
١١ کاتێك بوو بە پاشا و لەسەر تەختەکەی ئەو
دانیشت، هەموو بنەماڵەی بەعشای کوشت. بە
جۆرێك کە هیچ نێرینەیەکی لە کەسوکار و نزیك
و دۆستانی نەهێشتەوە. ١٢ زیمری هەموو بنەماڵەی
بەعشای لەناوبرد، هەروەکو فەرمایشتەکەی یەزدان
کە لە ڕێگەی یێهو پێغەمبەرەوە سەبارەت بە بەعشا
فەرمووبووی. ١٣ لەبەر هەموو گوناهەکانی بەعشا و
گوناهەکانی ئێلەی کوڕی کە کردیان و بەهۆیانەوە
وایان لە ئیسرائیل کرد گوناه بکەن و بە بتە
پووچەکانیان یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل پەست
بکەن.
١٤ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئێلە و هەموو
ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی
پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

## پاشایەتی زیمری

١٥ لە بیست و حەوتەمین ساڵی پاشایەتی ئاسا
پاشای یەهودا، زیمری حەوت ڕۆژ لە تیرزە بوو بە
پاشا، سوپاش گەمارۆی گیبەتۆنی فەلەستییەکانیان
دابوو. ١٦ کاتێك ئەو ئیسرائیلییانەی کە گەمارۆی
گیبەتۆنیان دابوو بیستیان گوترا زیمری پیلانی گێڕاوە
و پاشاشی کوشتووە، هەموویان هەر لەو ڕۆژەدا
لەناو ئۆردوگاکە جاڕیان دا و عۆمریی فەرماندەی
گشتی سوپایان کردە پاشای ئیسرائیل. ١٧ ئینجا عۆمری
و هەموو ئیسرائیل لەگەڵی لە گیبەتۆنەوە کشانەوە
و تیرزەیان گەمارۆ دا. ١٨ ئەوە بوو کە زیمری بینی
شارەکە گیرا، چووە ناو قەڵای کۆشکی پاشا، کۆشکی
پاشای بە ئاگر بەسەر خۆیدا سووتاند و مرد،
١٩ ئەمەش بەهۆی ئەو گوناهانەوە بوو کە کردی،
بەوەی لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەدوای
ڕێگای یارۆڤعام کەوت و هەمان گوناهی ئەوی کرد
کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.
٢٠ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی زیمری و ئەو
پیلانەی کە گێڕای لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی
پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

## پاشایەتی عۆمری

٢١ لەو کاتەدا گەلی ئیسرائیل بووە دوو بەش،
نیوەی گەل بەدوای تیڤنی کوڕی گینەتەوە بوون
هەتا بیکەنە پاشا، نیوەکەی دیکەش بەدوای
عۆمرییەوە بوون. ٢٢ ئەو نیوەیەی گەل کە بەدوای
عۆمرییەوە بوون زاڵبوون بەسەر ئەو نیوەیەی کە
بەدوای تیڤنی کوڕی گینەتەوە بوون، جا تیڤنی کوژرا
و عۆمری بوو بە پاشا.
٢٣ لە سی و یەکەمین ساڵی پاشایەتی ئاسا پاشای
یەهودا عۆمری بوو بە پاشای ئیسرائیل، بۆ ماوەی
دوازدە ساڵ پاشایەتی کرد، شەش ساڵ لە تیرزە بوو.
٢٤ ئینجا چیای سامیرەی لە شەمەر بە دوو تالنت زیو[a]
کڕی و دەستی بە بنیادنان کرد لە چیاکە، ئەو شارەی
کە بنیادی نا، ناوی لێنا سامیرە بە ناوی شەمەری
خاوەنی چیای سامیرەوە.
٢٥ عۆمریش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد،
لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی زیاتر خراپەی کرد.

[a] ٢٤ دوو تالنت: نزیکەی ٧٠ کیلۆگرام.

٢٦ بەدوای ڕێگای یارۆڤعامی کوڕی نەڤات کەوت و
هەمان گوناهی ئەوی کرد کە بەهۆیەوە وای کردبوو
ئیسرائیل گوناه بکات، بە پەستکردنی یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل بە بتە پووچەکانیان.
٢٧ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی عۆمری و ئەوەی
کردی و ئەو پاڵەوانییەتییەی کە نواندی لە پەڕتووکی
کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.
٢٨ عۆمری لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە
سامیرە نێژرا. ئیتر ئەحاڤی کوڕی لەدوای خۆی بوو
بە پاشا.

## دەستپێکی پاشایەتی ئەحاڤ

٢٩ ئەحاڤی کوڕی عۆمری لە سی و هەشتەمین
ساڵی پاشایەتی ئاسا پاشای یەهودا بوو بە پاشای
ئیسرائیل، بیست و دوو ساڵ لە سامیرە پاشایەتی
ئیسرائیلی کرد. ٣٠ ئەحاڤی کوڕی عۆمریش لە هەموو
ئەوانەی پێش خۆی زیاتر لەبەرچاوی یەزدان
خراپەکاری کرد. ٣١ نەک هەر تەنها گوناهەکانی
یارۆڤعامی کوڕی نەڤاتی بەلاوە کەم بوو، بەڵکو
ئیزابێلی کچی ئەسبەعلی پاشای سەیدائییەکانیشی
هێنا و چوو بەعلی پەرست و کڕنۆشی بۆ برد.
٣٢ لەناو پەرستگای بەعل قوربانگایەکیشی بۆ بەعل
دروستکرد، کە لە سامیرە بنیادی نابوو. ٣٣ هەروەها
ئەحاڤ ستوونە ئەشێرایەکی دروستکرد، لە هەموو
پاشاکانی ئیسرائیلیش کە لەپێش خۆیەوە بوون
زیاتری کرد بۆ پەستکردنی یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل.
٣٤ لە سەردەمی ئەحاڤ حیێلی بێتئێلی ئەریحای
بنیاد نایەوە، بناغەکەی بە ئەبیرامی کوڕە نۆبەرەکەی
دانا، دەرگاکانیشی بە سگوڤی کوڕە بچووکەکەی
چەقاند، هەروەک چۆن فەرمایشتی یەزدان لەسەر
زاری یەشوعی کوڕی نون فەرمووبووی.

## ڕاگەیاندنی وشکەساڵی لەلایەن ئەلیاسەوە

١٧ ئەوە بوو ئەلیاسی[a] تیشبی کە
دانیشتووێکی گلعاد بوو بە ئەحاڤی
گوت: «بە یەزدانی زیندوو، خودای ئیسرائیل، ئەو
خودایەی کە دەیپەرستم، لەم چەند ساڵەی داهاتوو
نە شەونم دەبێت و نە باران، هەتا لە دەمی منەوە
نەگوترێت!»
٢ پاشان فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەلیاس هات: ٣ «لێرە
بڕۆ و ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکە، لەلای شیوی کەریس
خۆت بشارەوە، کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری
ئوردونە. ٤ لە جۆگەکە دەخۆیتەوە و فەرمانیشم بە
قەلەڕەشەکان داوە لەوێ خواردنت بۆ دابین بکەن.»
٥ ئەویش کاری بە فەرمایشتی یەزدانی کرد، چوو
لە شیوی کەریس مایەوە، کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی
ڕووباری ئوردونە. ٦ قەلەڕەشەکانیش بەیانییان و
ئێواران نان و گۆشتیان بۆ دەهێنا، لە جۆگەکەش
ئاوی دەخواردەوە.

## بێوەژنی سەرەفەند

٧ پاش ماوەیەک جۆگەکە وشکی کرد، چونکە
باران لە خاکەکە نەبوو. ٨ ئینجا فەرمایشتی یەزدانی
بۆ هات، فەرمووی: ٩ «هەستە و بڕۆ شارۆچکەی
سەرەفەندی نزیکی سەیدا و لەوێ بمێنەوە، لەوێ
فەرمانم بە بێوەژنێک داوە خواردنت بۆ دابین
بکات.» ١٠ ئەویش هەستا و چوو بۆ سەرەفەند. کاتێک
گەیشتە لای دەروازەی شارۆچکەکە، بێوەژنێکی بینی
لەوێ چەند چیلکە دارێکی کۆدەکردەوە، بانگی کرد
و گوتی: «بێ زەحمەت جامێک ئاوم بۆ بهێنە، با
بیخۆمەوە.» ١١ کاتێک چوو بیهێنێت، بانگی کردەوە و
گوتی: «لەگەڵ دەستت پارووە نانێکیشم بۆ بهێنە.»
١٢ ئەویش گوتی: «سوێند بە خوداکەی تۆ دەخۆم،
بە یەزدانی زیندوو، نانم نییە، مشتێک ئارد نەبێت لە
کوپەیەک و تۆزێک زەیت لە گۆزەیەک. ئەوەتا دوو

[a] ١ئەلیاس: لە زمانی عیبری بە واتای (یەزدان خوداکەیە) دێت.

چیلکە دارم کۆکردووەتەوە هەتا بیانبەمەوە و ژەمێك بۆ خۆم و کوڕەکەم دروستبکەم، بیخۆین و بمرین.»

١٣ئەلیاسیش پێی گوت: «مەترسە، بڕۆوە و ئەوە بکە کە گوتت، بەڵام یەکەم جار لەوەی هەتە کولێرەیەکی بچووکم بۆ دروستبکە و بۆم بهێنە دەرەوە، پاشانیش بۆ خۆت و کوڕەکەت دروستبکە، ١٤چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بەم جۆرە دەفەرموێت: ”کوپەی ئاردەکە بەتاڵ نابێت و گۆزەی زەیتەکەش لێی کەم ناکات، هەتا ئەو ڕۆژەی یەزدان باران بەسەر ڕووی زەویدا دەبارێنێت.“»

١٥ئەویش چوو و بە قسەی ئەلیاسی کرد، ئیتر هەموو ڕۆژێك ئەلیاس و بێوەژنەکە و ماڵەکە نانیان هەبوو. ١٦کوپەی ئاردەکە بەتاڵ نەبوو، گۆزەی زەیتەکەش لێی کەم نەبووەوە، هەروەك ئەوەی یەزدان لەسەر زاری ئەلیاسەوە فەرمووی.

١٧دوای ماوەیەك کوڕی ژنە خاوەن ماڵەکە نەخۆش کەوت، نەخۆشییەکەی بە جۆرێك سەخت بوو کە هەناسەی لێ بڕا. ١٨ئینجا بە ئەلیاسی گوت: «ئەی پیاوی خودا، چیت لەسەر من هەیە؟ ئایا هاتووی بۆ لای من هەتا تاوانەکەم بەبیر بهێنیتەوە و کوڕەکەم بمرێنیت؟»

١٩ئەلیاسیش پێی گوت: «کوڕەکەتم بدێ.» لە باوەشییەوە بردی و سەری خستە ژوورەکەی سەرەوە کە تێیدا دەمایەوە، لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵی خست. ٢٠هاواری بۆ یەزدان کرد و گوتی: «ئەی یەزدان، خودای من، ئایا خراپەت بەسەر ئەم بێوەژنەش هێنا کە من لەلای ئەو ئاوارەم، بەوەی کوڕەکەی ئەوت کوشت؟» ٢١ئینجا سێ جار لەسەر کوڕەکە درێژ بوو و هاواری بۆ یەزدان کرد، گوتی: «ئەی یەزدان، خودای من، با گیانی ئەم کوڕە بگەڕێتەوە ناوی!»

٢٢یەزدانیش گوێی لە هاوارەکەی ئەلیاس گرت، گیانی کوڕەکە گەڕایەوە ناوی و زیندووبووەوە. ٢٣ئینجا ئەلیاس کوڕەکەی برد و لە ژوورەکەی سەرەوە هێنایە خوارەوە بۆ ناو ماڵەکە و دایە دەست دایکی. ئەلیاس گوتی: «ببینە، کوڕەکەت زیندووە!»

٢٤ژنەکەش بە ئەلیاسی گوت: «ئێستا زانیم کە تۆ پیاوی خودایت و ئەوەی دەیڵێیت فەرمایشتی یەزدانە و ڕاستییە.»

## ئەلیاس و عۆبەدیا

١٨ دوای ماوەیەکی زۆر، لە ساڵی سێیەمی وشکەساڵی فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەلیاس هات: «بڕۆ و خۆت بۆ ئەحاڤ دەربخە، منیش باران بۆ سەر خاکەکە دەبارێنم.» ٢جا ئەلیاس چوو خۆی بۆ ئەحاڤ دەربخات.

قاتوقڕی لە سامیرە پەرەی سەندبوو، ٣ئیتر ئەحاڤ بانگی عۆبەدیای کرد، کە سەرپەرشتیاری کۆشکەکەی ئەو بوو. عۆبەدیا کەسێکی لەخواترس بوو، ٤کاتێك کە ئیزابێل پێغەمبەرەکانی یەزدانی قڕکرد، عۆبەدیا سەد پێغەمبەری برد و شاردنییەوە، هەر پەنجا و لە ئەشکەوتێك و نان و ئاوی بۆ دابین کردن. ٥ئەحاڤ بە عۆبەدیای گوت: «بەناو خاکەکەدا بڕۆ هەموو دۆڵ و کانیاوەکان، بەڵکو گیا پەیدا بکەین و ئەسپ و هێسترەکان بە زیندوویی بهێڵینەوە و بە ناچاری ئاژەڵەکانمان سەرنەبڕین.» ٦ئینجا خاکەکەیان لەنێوانیان دابەش کرد هەتا بەناویدا بڕۆن، ئەحاڤ بە تەنها بە ڕێگایەکدا ڕۆیشت و عۆبەدیاش بە تەنها بە ڕێگایەکی دیکەدا ڕۆیشت.

٧کاتێك عۆبەدیا لە ڕێگا بوو، تووشی ئەلیاس بوو، جا ناسییەوە و کڕنۆشی بۆ برد، گوتی: «ئەوە تۆی گەورەم، ئەلیاس؟»

٨ئەویش گوتی: «منم، بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ: ”ئەلیاس لێرەیە.“»

٩عۆبەدیاش گوتی: «گوناهم چییە، هەتا خزمەتکارەکەت بدەیتە دەستی ئەحاڤ بۆ ئەوەی بمکوژێت؟ ١٠بە یەزدانی زیندوو، خودای خۆت، گەلێك و پاشایەتییەك نەماوە پاشای گەورەکەم کەسێکی بەدواتدا نەناردبێ. دەیانگوت کە تۆ لەلای ئەوان نیت، جا سوێندی دەدان بۆ ئەوەی لە قسەکەیان دڵنیابێتەوە. ١١تۆش ئێستا دەڵێیت: ”بڕۆ بە گەورەکەت بڵێ، ’ئەلیاس لێرەیە.‘“ ١٢کاتێك کە

من لەلات دەڕۆم ڕۆحی یەزدان هەڵتدەگرێت بۆ شوێنێك كە من نایزانم، جا كە دەچم و بە ئەحاڤ ڕادەگەیەنم، ئەویش ناتدۆزێتەوە، من دەكوژێت. خۆشت دەزانیت خزمەتكارەكەت لە منداڵییەوە لەخواترسە. [١٣]ئایا ئەوەی كە كردم بە گەورەم ڕانەگەیەنراوە، كاتێك ئیزابێل پێغەمبەرەكانی یەزدانی كوشت، منیش سەد پێغەمبەری یەزدانم شاردەوە، هەر پەنجا و لە ئەشكەوتێك، نان و ئاوم بۆ دابین كردن. [١٤]ئێستاش تۆ پێم دەڵێیت: ”برۆ بە پاشای گەورەت بڵێ، ’ئەلیاس لێرەیە،‘“ ئەویش دەمكوژێت!»

[١٥]ئەلیاسیش گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، خودای سوپاسالار، ئەوەی دەیپەرستم، من ئەمڕۆ خۆم بۆ ئەحاڤ دەردەخەم.»

## ئەلیاس لە كێوی كارمەل

[١٦]ئینجا عۆبەدیا چوو بۆ لای ئەحاڤ و پێی ڕاگەیاند، ئەحاڤیش چوو بۆ لای ئەلیاس. [١٧]كاتێك ئەحاڤ ئەلیاسی بینی، پێی گوت: «ئەوە تۆی، ئەی تێكدەری ئیسرائیل؟»

[١٨]ئەلیاسیش گوتی: «من ئیسرائیلم تێكنەداوە، بەڵكو تۆ و ماڵی باوكت ئەمەتان كردووە، بە وازهێنانتان لە فەرمانەكانی یەزدان و ملكەچبوونتان بۆ بەعلەكان. [١٩]ئێستاش بنێرە و لە كێوی كارمەل هەموو ئیسرائیلم لێ كۆبكەوە، هەروەها چوار سەد و پەنجا پێغەمبەرەكەی بەعل و چوار سەد پێغەمبەرەكەی ئەشێراش، كە لەسەر خوانەكەی ئیزابێل نان دەخۆن.»

[٢٠]جا ئەحاڤ بەدوای هەموو نەوەی ئیسرائیلیدا نارد، هەموو پێغەمبەرەكانی لە كێوی كارمەل كۆكردەوە. [٢١]ئەلیاسیش لە هەموو گەل چووە پێشەوە و گوتی: «هەتا كەی لەنێوان ئەم دووانەدا دوو دڵ دەبن؟ ئەگەر یەزدان خودایە دوای بكەون، ئەگەر بەعلیش خودایە دوای ئەو بكەون.»

بەڵام گەل بە یەك وشەش وەڵامیان نەدایەوە.

[٢٢]پاشان ئەلیاس بە گەلی گوت: «بە تەنها من بە پێغەمبەری یەزدان ماومەتەوە، پێغەمبەرەكانی بەعلیش چوار سەد و پەنجا پیاون. [٢٣]دوو جوانەگامان[a] بدەنێ، با ئەوان گایەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لەتی بكەن و لەسەر تەختەدارەكان دایبنێن، بەڵام با ئاگری تێبەر نەدەن. منیش گایەكەی دیكە بەو جۆرە لێ دەكەم و لەسەر تەختەدارەكان دایدەنێم و ئاگری تێبەر نادەم. [٢٤]ئینجا بە ناوی خوداوەندی خۆتانەوە بپاڕێنەوە و منیش بە ناوی یەزدانەوە دەپاڕێمەوە. ئەو خودایەی كە بە ئاگر وەڵام دەداتەوە، ئەو خودایە.»

هەموو گەل وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «قسەیەكی جوانە.»

[٢٥]ئینجا ئەلیاس بە پێغەمبەرەكانی بەعلی گوت: «جوانەگایەك بۆ خۆتان هەڵبژێرن و یەكەم جار ئێوە ئامادەی بكەن لەبەر ئەوەی ئێوە زۆرترن، بە ناوی خوداوەندەكەشتانەوە بپاڕێنەوە، بەڵام ئاگری تێبەر مەدەن.» [٢٦]ئیتر ئەوان ئەو جوانەگایەیان برد كە پێیان درابوو، ئامادەیان كرد.

لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ بە ناوی بەعلەوە پاڕانەوە و گوتیان: «ئەی بەعل، وەڵاممان بدەوە!» بەڵام كوا دەنگ و كوا وەڵام. هەروەها بە دەوری ئەو قوربانگایەدا هەڵدەبەزینەوە كە دروستیان كردبوو.

[٢٧]لە نیوەڕۆدا ئەلیاس دەستی بە گاڵتەپێكردنیان كرد و گوتی: «قاییمتر هاوار بكەن! ئەو خوداوەندە! لەوانەیە داڵغەی لێدا بێت، چووبێتە سەر ئاو، لە گەشت بێت، لەوانەیە نوستبێت و دەبێت بەئاگا بهێنرێتەوە.» [٢٨]ئەوانیش بە دەنگی بەرز هاواریان كرد، وەك پیشەی خۆیان بە شمشێر و ڕم لە خۆیان دا، هەتا خوێنیان لێ چۆڕایەوە. [٢٩]كاتێك عەسر داهات هەتا كاتی قوربانی ئێوارە[b] حاڵیان كرد، بەڵام كوا دەنگ و كوا وەڵام و كوا گوێگر؟

[a] ٢٣ لەو كاتەوەی كە گوێرەكەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

[b] ٢٩ مەبەستی لە قوربانی ئێوارانی پەرستگای یەزدانە. بڕوانە دەرچوون ٢٩:٣٨-٤١.

[٣٠]ئەلیاس بە هەموو گەلی گوت: «وەرنە پێشەوە بۆ لام.» ئەوانیش لێی چوونە پێشەوە. ئینجا قوربانگا وێرانکراوەکەی یەزدانی چاککردەوە. [٣١]پاشان ئەلیاس دوازدە بەردی برد، هێندەی ژمارەی هۆزەکانی نەوەی یاقوب کە فەرمایشتی یەزدانی بۆ هاتبوو، پێی فەرمووبوو: «ناوت ئیسرائیل دەبێت.» [٣٢]لەو بەردانە قوربانگایەکی بە ناوی یەزدان بنیاد نا و لە دەوری قوربانگاکە ئاوەڕۆیەکی دروستکرد کە جێگای دوو پێوانە[a] تۆوی تێدا دەبووەوە. [٣٣]ئینجا تەختەدارەکانی ڕێکخست و جوانەگاکەی لەتوپەت کرد و لەسەر تەختەدارەکان داینا. ئینجا گوتی: «چوار گۆزە ئاو پڕ بکەن و بەسەر قوربانییەکە و بەسەر دارەکانیدا بکەن.»

[٣٤]گوتی: «دووبارەی بکەنەوە.» دووبارەیان کردەوە.

گوتی: «سێ بارەی بکەنەوە.» سێ بارەیان کردەوە. [٣٥]جا ئاو لە دەوری قوربانگاکە ڕۆیشت و ئاوەڕۆکەش پڕ بوو لە ئاو.

[٣٦]لە کاتی پێشکەشکردنی قوربانی، ئەلیاسی پێغەمبەر هاتە پێشەوە و گوتی: «ئەی یەزدان، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل، ئەمڕۆ با بزانرێت کە تۆ لە ئیسرائیل خودایت، منیش بەندەی تۆم و بە فەرمایشتی تۆ هەموو ئەم کارانەم کردووە. [٣٧]ئەی یەزدان، وەڵامم بدەوە، وەڵامم بدەوە، با ئەم گەلە بزانن کە تۆ یەزدانی پەروەردگاریت، تۆ دڵیان بەرەو لای خۆت ڕادەکێشیت.»

[٣٨]ئینجا ئاگری یەزدان کەوتە خوارەوە، قوربانی و تەختەدار و بەرد و خۆڵەکەی خوارد، ئاوی ناو ئاوەڕۆکەشی وشك کرد.

[٣٩]کاتێك هەموو گەل ئەوەیان بینی، بە ڕوودا کەوتن و گوتیان: «یەزدان خودایە، یەزدان خودایە!»

[٤٠]ئینجا ئەلیاس پێی گوتن: «پێغەمبەرەکانی بەعل بگرن و مەهێڵن پیاوێکیان لێ دەرباز بێت.» ئەوانیش گرتیانن، ئەلیاس بردنییە خوارەوە بۆ دۆڵی قیشۆن و لەوێ سەری بڕین.

[٤١]پاشان ئەلیاس بە ئەحاڤی گوت: «بڕۆ بخۆ و بخۆوە، چونکە دەنگی بارانێکی زۆر دێت.» [٤٢]جا ئەحاڤ چوو بخوات و بخواتەوە، بەڵام ئەلیاس سەرکەوتە سەر لووتکەی کارمەل، چەمایەوە سەر زەوی و دەموچاوی خستە نێو ئەژنۆکانییەوە.

[٤٣]بە خزمەتکارەکەی گوت: «هەستە، ڕووەو دەریا بڕوانە.» ئەویش هەستا و ڕووەو دەریا ڕوانی و گوتی: «هیچ نییە.»

ئەلیاسیش حەوت جار گوتی: «دیسان تەماشا بکەوە.»

[٤٤]لە جاری حەوتەم گوتی: «ئەوەتا پەڵە هەورێکی بچووك کە هێندەی لەپی دەستێك دەبێت لە دەریاوە بەرز دەبێتەوە.»

ئینجا ئەلیاس گوتی: «بڕۆ بە ئەحاڤ بڵێ: ”گالیسکەکەت ئامادە بکە و بڕۆ خوارەوە با بارانەکە ڕێت لێ نەگرێت.“»

[٤٥]ئاسمان لەم لاوە بۆ ئەو لا بە هەور و با ڕەشداگەڕا و بارانێکی زۆر باری، ئەحاڤ سوار بوو و چوو بۆ یەزرەعیل. [٤٦]هێزی یەزدان بۆ ئەلیاس هات، ناوقەدی بەست و لەبەردەم ئەحاڤەوە ڕایکرد، هەتا گەیشتە یەزرەعیل.

## هەڵاتنی ئەلیاس بۆ چیای حۆرێڤ

١٩ ئەحاڤ هەموو ئەوەی بە ئیزابێل ڕاگەیاند کە ئەلیاس کردی، هەروەها کە چۆن هەموو پێغەمبەرەکانی بە شمشێر کوشتووە. [٢]ئینجا ئیزابێل نێردراوێکی بۆ لای ئەلیاس نارد و گوتی: «با خوداوەندەکان توندترین سزام بدەن، ئەگەر سبەینێ لەم کاتە گیانت وەك گیانی یەکێك لەوانە لێ نەکەم.»

[٣]ئەلیاس ترسا، هەڵات بۆ ئەوەی گیانی خۆی دەرباز بکات. کاتێك گەیشتە بیری شابەع، ئەوەی کە سەر بە یەهودایە، خزمەتکارەکەی لەوێ بەجێهێشت. [٤]خۆشی ڕۆژە ڕێیەك بە دەشتودەردا ڕۆیشت هەتا هات و لەژێر دار گەزێك[b] دانیشت و داوای مەرگی

[a] ٣٢ دوو پێوانە: عیبری: دوو سەئا، نزیکەی پازدە لیتر.

[b] ٤ دارێکی گەڵا وردی لق باریکە، لقەکانی بۆ گسك بەکاردێت.

بۆ گیانی خۆی کرد، گوتی: «ئەی یەزدان، ئیتر بەسە، گیانم بکێشە، چونکە من لە باوباپیرانم باشتر نیم.» ٥ئینجا لەژێر دار گەزەکە پاڵکەوت و نوست.

لەناکاو فریشتەیەك دەستی لێدا و فەرمووی: «هەستە، بخۆ.» ٦ئەویش تەماشای کرد ئەوەتا لەلای سەرییەوە کولێرەیەکی بە بەردی داغ برژاو و گۆزەیەك ئاوی لێیە، ئیتر خواردی و خواردیەوە، دیسان پاڵکەوتەوە.

٧دووبارە فریشتەکەی یەزدان گەڕایەوە و دەستی لێدایەوە و فەرمووی: «هەستە بخۆ، چونکە ڕێگاکە لە توانای تۆ زیاترە.» ٨ئەویش هەستا و خواردی و خواردیەوە، بە هێزی ئەو خواردنە چل شەو و چل ڕۆژ هەتا حۆرێڤی کێوی خودا ڕۆیشت. ٩لەوێ چووە ناو ئەشکەوتێك و شەوی تێدا بەسەربرد.

## دەرکەوتنی یەزدان بۆ ئەلیاس

لەناکاو فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، پێی فەرموو: «ئەلیاس، لێرە چی دەکەیت؟»

١٠ئەویش وەڵامی دایەوە: «دڵگەرمییەکی زۆرم هەیە بۆ یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار، نەوەی ئیسرائیلیش پەیمانەکەی تۆیان شکاندووە، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە، پێغەمبەرەکانی تۆیان بە شمشێر کوشتووە، منیش بە تەنها ماومەتەوە، ئەوانیش بەدوامدا دەگەڕێن هەتا بمکوژن.»

١١یەزدانیش فەرمووی: «وەرە دەرەوە و لەسەر چیاکە لەبەردەم یەزدان ڕابوەستە، چونکە وا یەزدان تێدەپەڕێت.»

ئینجا بایەکی مەزن و بەهێز چیاکانی شەق کرد و تاشەبەردەکانی لەبەردەم یەزدان شکاند، بەڵام یەزدان لەناو بایەکەدا نەبوو. لەدوای بایەکە بوومەلەرزەیەك هات، یەزدان لە بوومەلەرزەکەشدا نەبوو. ١٢لەدوای بوومەلەرزەکە ئاگرێك هات، یەزدان لە ئاگرەکەشدا نەبوو. لەدوای ئاگرەکە چرپەی دەنگێك هات. ١٣ئەوە بوو کە ئەلیاس گوێی لە چرپەکە بوو، دەموچاوی بە کەواکەی داپۆشی، چووە دەرەوە و لەبەردەمی ئەشکەوتەکەدا ڕاوەستا.

پاشان دەنگێك هاتە بەرگوێی و پێی فەرموو: «ئەلیاس، لێرە چی دەکەیت؟»

١٤ئەویش گوتی: «دڵگەرمییەکی زۆرم هەیە بۆ یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار، نەوەی ئیسرائیلیش پەیمانەکەی تۆیان شکاندووە، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە و پێغەمبەرەکانی تۆیان بە شمشێر کوشتووە، منیش بە تەنها ماومەتەوە، ئەوانیش بەدوامدا دەگەڕێن هەتا بمکوژن.»

١٥ئینجا یەزدان پێی فەرموو: «بڕۆ و بە ڕێگاکەتدا بگەڕێوە بۆ دەشتودەری دیمەشق، کاتێك گەیشتییە ئەوێ حەزائێل وەك پاشای ئارام دەستنیشان بکە. ١٦هەروەها یێهوی کوڕی نیمشی وەك پاشای ئیسرائیل دەستنیشان بکە و ئەلیشەعی کوڕی شافاتیش کە خەڵکی ئابێلی مەحۆلایە لە جێی خۆت وەك پێغەمبەر دەستنیشانی بکە. ١٧جا ئەوە ڕوودەدات، هەرکەس لە شمشێری حەزائێل دەرباز بێت، یێهو دەیکوژێت و هەرکەسیش لە شمشێری یێهو دەرباز بێت، ئەلیشەع دەیکوژێت. ١٨لەگەڵ ئەوەشدا حەوت هەزار کەس لە ئیسرائیل دەهێڵمەوە؛ هەموو ئەوانەی کە چۆکیان بۆ بەعل نەچەماندووەتەوە، بە دەم ماچیان نەکردووە.»

## بانگکردنی ئەلیشەع

١٩ئیتر ئەلیاس لەوێ ڕۆیشت و ئەلیشەعی کوڕی شافاتی دۆزییەوە زەوی دەکێڵا، دوازدە جووت گا لەپێشییەوە بوون، ئەو لەگەڵ جووتی دوازدەیەمین بوو. ئینجا ئەلیاس بەلایدا تێپەڕی و کەواکەی فڕێدایە سەری. ٢٠ئەلیشەعیش گایەکانی بەجێهێشت و لەدوای ئەلیاس ڕایکرد و گوتی: «دایك و باوکم ماچ دەکەم و دوات دەکەوم.»

ئەلیاسیش پێی گوتی: «بڕۆ و بگەڕێوە، چونکە من چ ڕێگرییەکم لێکردوویت؟»

٢١ئەلیشەعیش لەدوای گەڕایەوە و جووتە گایەکەی برد و سەری بڕین، گاسنەکەی سووتاند

بۆ ئەوەی گۆشتەکە بکوڵێنێت، دایە خەڵکەکە و خواردیان. ئینجا هەستا و دوای ئەلیاس کەوت و بووە خزمەتکاری.

## هێرشبردنی بەنهەدەد بۆ سەر سامیرە

٢٠ ئەوە بوو بەنهەدەدی پاشای ئارام هەموو هێزەکەی کۆکردەوە و سی و دوو پاشاش بە ئەسپ و گالیسکەوە لەگەڵی بوون، سوپای جوڵاند و سامیرەی گەمارۆ دا و لە دژی جەنگا. ٢چەند نێردراوێکی نارده شارەکە بۆ لای ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل. پێی گوت: «بەنهەدەد ئاوا دەڵێت: ٣”زێڕ و زیوەکەت هی منە، ژن و کوڕە چاکەکانت هی منن.“»

٤پاشای ئیسرائیلیش وەڵامی دایەوە: «پاشای گەورەم، ئەوەی گوتت وا دەبێت، خۆم و هەموو ئەوانەشی کە هەمە هی تۆن.»

٥نێردراوەکان هاتنەوە و گوتیان: «بەنهەدەد ئەمە دەڵێت: ”من چەند نێردراوێکم بۆ لات نارد و گوتم، زێڕ و زیو و ژن و کوڕە چاکەکانت دەدەیتە من، ٦بەڵام سبەینێ لەم کاتەدا کاربەدەستەکانم دەنێرمە لات، کۆشکەکەت و ماڵی کاربەدەستەکانت دەپشکنن. جا هەموو ئەوەی پەسەندە لەبەرچاوی تۆ دەستی بەسەردا دەگرن و دەیبەن.“»

٧پاشای ئیسرائیل هەموو پیرانی خاکەکەی بانگکرد و گوتی: «بزانن و ببینن، ئەمە داوای شەڕ دەکات، چونکە ناردی بۆ داواکردنی ژن و کوڕ و زێڕ و زیوەکەم، ڕەتم نەکردەوە.»

٨هەموو پیران و هەموو گەل وەڵامیان دایەوە: «گوێی لێ مەگرە و ڕازی مەبە.»

٩ئەویش بە نێردراوەکانی بەنهەدەدی گوت: «بە پاشای گەورەم بڵێن: ”منی خزمەتکارت هەموو ئەوە جێبەجێ دەکەم کە لە سەرەتادا داوات کردووە، بەڵام ناتوانم ئەم کارە بکەم.“» ئینجا نێردراوەکان گەڕانەوە و وەڵامەکەیان بۆ بەنهەدەد گێڕایەوە.

١٠ئینجا بەنهەدەد ناردی بۆ لای ئەحاڤ و گوتی: «با خوداوەندەکان توندترین سزام بدات، ئەگەر خۆڵی سامیرە بەشی مشتی هەموو ئەو گەلە بکات کە دوام کەوتوون.»

١١پاشای ئیسرائیلیش وەڵامی دایەوە و گوتی: «پێی بڵێن: ”شەڕکردن شانازی نییە، بەڵکو سەرکەوتن.“»

١٢کاتێک بەنهەدەد لەگەڵ پاشاکان لەنێو چادرەکان دەیخواردەوە گوێی لەم قسەیە بوو، بە خزمەتکارەکانی گوت: «ڕیز ببەستن.» ئەوانیش ڕیزیان بەست و بەریان لە شارەکە گرت.

## بەزینی بەنهەدەد

١٣ئەوە بوو پێغەمبەرێک لە ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل هاتە پێشەوە و گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”هەموو ئەو سوپا گەورەیەت بینی؟ ئەوەتا من ئەمڕۆ دەیدەمە دەستی تۆ، تاوەکو بزانیت کە من یەزدانم!“»

١٤ئەحاڤیش گوتی: «بە کێ؟»

پێغەمبەرەکەش گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بەو ئەفسەرە گەنجانەی کە لەژێر دەسەڵاتی فەرماندەکانی هەرێمەکانن.“»

ئەویش گوتی: «کێ دەست بە جەنگەکە دەکات؟»

پێغەمبەرەکەش گوتی: «تۆ.»

١٥لەبەر ئەوە ئەحاڤ ئەفسەرە گەنجەکانی فەرماندەی هەرێمەکانی بانگکرد، دوو سەد و سی و دوو پیاو بوون، پاش ئەوانیش پاشماوەی ئیسرائیلییەکانیشی کۆکردەوە، کە حەوت هەزار پیاو بوون. ١٦لە نیوەڕۆدا بەڕێکەوتن و بەنهەدەدیش لە چادرەکانەوە لەگەڵ سی و دوو پاشاکەی دیکەی هاوپەیمانی دەیانخواردەوە و سەرخۆش بوون. ١٧یەکەم جار ئەفسەرە گەنجەکانی فەرماندەی هەرێمەکان بەڕێکەوتن.

ئەوە بوو بەنهەدەد چەند سووسەکەرێکی[a] ناردبوو، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاند: «چەند پیاوێک لە سامیرەوە بە ڕێگاوەن.»

---

[a] ١٧ کەسانێک کە لە لەشکری دوژمن دەڕوانن بۆ وەرگرتنی زانیاری.

[١٨]ئەویش گوتی: «ئەگەر بۆ ئاشتی هاتوونەتە دەرەوە بە زیندوویتی بیانگرن، ئەگەر بۆ شەڕیش هاتوونەتە دەرەوە، هەر بە زیندوویتی بیانگرن.»

[١٩]ئەفسەرە گەنجەکانی فەرماندەی هەرێمەکان و ئەو هێزەی لە دوایان بوون لە شارەکە هاتنە دەرەوە، [٢٠]هەریەکەیان ئەو پیاوە ئارامییەیان دەکوشت کە دەهاتە بەرامبەریان، ئارامییەکانیش هەڵاتن و ئیسرائیلیش ڕاویان نان، بەنهەدەدی پاشای ئارامیش بە ئەسپ لەگەڵ سوارەکان دەرباز بوو. [٢١]پاشای ئیسرائیلیش هاتە دەرەوە و لە ئەسپ و گالیسکەکانی دا، زیانێکی گەورەی بە ئارامییەکان گەیاند.

[٢٢]پاشان پێغەمبەرەکە لە پاشای ئیسرائیل هاتە پێشەوە و پێی گوت: «بڕۆ خۆت بەهێز بکە و بزانە و ببینە چی دەکەیت، چونکە لە بەهاری ساڵدا پاشای ئارام پەلامارت دەداتەوە.»

[٢٣]هەر لەو ماوەیەدا کاربەدەستەکانی پاشای ئارام بەم جۆرە ئامۆژگاری پاشایان کرد و گوتیان: «خوداوەندەکانیان خوداوەندی شاخن، لەبەر ئەوە لە ئێمە بەهێزتر بوون. بەڵام با لە دەشتدا لە دژیان بجەنگین، لەوان بەهێزتر دەبین! [٢٤]بۆ ئەم کارەش ئەمە بکە، هەریەك لە پاشاکان لە شوێنەکانیان لاببە و سەرکردەکان لە جێیاندا دابنێ. [٢٥]ئیتر بۆ خۆت سوپایەك وەك ئەو سوپایەی کە لە دەستت دا، پێکدەهێنیتەوە، ئەسپ لە جێی ئەسپ و گالیسکە لە جێی گالیسکە. با لە دەشتدا لە دژیان بجەنگین، لەوان بەهێزتر دەبین!» ئەویش گوێی لە قسەکەیان گرت و بەم جۆرەی کرد.

[٢٦]ئەوە بوو لە بەهاری ساڵدا، بەنهەدەد ئارامییەکانی کۆکردەوە و سەرکەوت بۆ ئەفێق بۆ جەنگ لە دژی ئیسرائیل. [٢٧]نەوەی ئیسرائیلیش کۆکرانەوە و پێداویستییان پێدرا و چوون بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، نەوەی ئیسرائیل وەك دوو مێگەلی بچووکی بزن وابوون بەرامبەریان، ئارامییەکانیش دەشتەکەیان پڕکردبوو.

[٢٨]ئینجا پیاوەکەی خودا هاتە پێشەوە و بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی ئارامییەکان گوتیان، یەزدان خوداوەندێکی شاخەکانە و خوداوەندی دۆڵەکان نییە، ئەم هەموو کۆمەڵە گەورەیە دەدەمە دەستی تۆ، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.“»

[٢٩]حەوت ڕۆژ بەرامبەر بە یەکتر دامەزران، لە ڕۆژی حەوتەم جەنگەکە هەڵگیرسا، نەوەی ئیسرائیل لە ئارامییەکانیان دا، سەد هەزار پیادەیان لە یەك ڕۆژدا لێ کوشتن. [٣٠]پاشماوەکەیان بۆ شاری ئەفێق هەڵاتن، لەوێش شوورای شارەکە بەسەر بیست و حەوت هەزار پیاویان داڕما، بەنهەدەدیش هەڵات و چووە ناو شارەکە، لە ژووری دواوەی ماڵێك خۆی شاردەوە.

[٣١]کاربەدەستەکانی پێیان گوت: «تەماشا بکە، بیستوومانە کە پاشاکانی بنەماڵەی ئیسرائیل پاشای بەخشندەن، با گوش[a] بە کەمەرمانەوە ببەستین و گوریس لەسەر سەرمان دابنێین[b] و بچینە دەرەوە بۆ لای پاشای ئیسرائیل، لەوانەیە دەستت لێ بپارێزێت.»

[٣٢]ئینجا جلوبەرگی گوشیان پۆشی و بەستیان بە کەمەریانەوە و گوریسیش بەسەریانەوە، هاتنە لای پاشای ئیسرائیل، گوتیان: «بەنهەدەدی خزمەتکارت دەڵێت: ”با گیانم بپارێزێت.“»

ئەویش گوتی: «هێشتا زیندووە؟ ئەو برامە!»

[٣٣]پیاوەکانیش گەشبین بوون و بە پەلە دەستیان بەم وشەیەوە گرت و گوتیان: «بەنهەدەد براتە!»

پاشاکەش گوتی: «بڕۆنە ژوورەوە و بیهێنن.» کە بەنهەدەد هاتە دەرەوە بۆ لای، ئەحاڤ سەری خستە سەر گالیسکەکەی.

[٣٤]بەنهەدەدیش پێی گوت: «ئەو شارانەی باوکم لە باوکتی سەندبوو دەیگەڕێنمەوە، بۆ خۆت لە

---

[a] ٣١ ڕیشاڵێکی ڕووەکییە کە لەو سەردەمە بەرگی ماتەمی لێ دروستدەکرا.

[b] ٣١ دانانی گوریس لەسەر سەر هێمایەکە بۆ خۆ ڕادەستکردنی شەڕکەران.

دیمەشق بازاڕیش دابنێ، وەك ئەوەی باوکم لە سامیرە دابینا.»

ئەحاڤیش گوتی: «منیش بەم پەیمانە ئازادت دەکەم.» ئەویش پەیمانی لەگەڵ بەست و ئازادی کرد.

## تاوانبارکردنی ئەحاڤ لەلایەن پێغەمبەرێك

[٣٥]ئەندامێك لە کۆمەڵی پێغەمبەران بە هاوڕێکەی گوت: «بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان، لێم بدە.» هاوڕێکەش ڕازی نەبوو لێی بدات.

[٣٦]پێغەمبەرەکەش گوتی: «لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمایشتی یەزدان نەبوویت، کاتێك لەلای من دەڕۆیت، شێرێك پەلامارت دەدات.» ئەویش لەلای ڕۆیشت و شێرێکی لێ پەیدابوو و پەلاماری دا.

[٣٧]پاشان پیاوێکی دیکەی بینییەوە و پێی گوت: «لێم بدە!» پیاوەکەش لێیدا و برینداری کرد. [٣٨]ئینجا پێغەمبەرەکە ڕۆیشت و لەسەر ڕێگاکە بۆ پاشا ڕاوەستا، بە دەمامکێك ڕوخساری خۆی شاردەوە. [٣٩]کاتێك پاشا تێپەڕی هاواری بۆ پاشا کرد و گوتی: «خزمەتکارەکەت چووە ناو جەرگەی شەڕەکە، جەنگاوەرێك لەناکاو دیلێکی بۆ هێنام و گوتی: "ئاگات لەم پیاوە بێت! ئەگەر بزر بێت، ئەوا گیانت لە جیاتی گیانی ئەو دەبێت یان تالنتێك[a] زیو دەدەیت." [٤٠]ئەوە بوو خزمەتکارەکەت لەم لا و ئەو لاوە سەرقاڵ بوو، پیاوەکە دیار نەما.»

پاشای ئیسرائیلیش پێی گوت: «حوکمت وەك ئەوە دەبێت کە گوتت، چونکە خۆت بڕیارت داوە.»

[٤١]پێغەمبەرەکەش خێرا پەڕۆکەکەی لەسەر چاوی لابرد، پاشای ئیسرائیلیش ناسییەوە کە لە پێغەمبەرەکانە. [٤٢]ئەویش بە پاشای گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: "لەبەر ئەوەی هێشتت پیاوێك لە دەستت بڕوات کە من بۆ قڕبوونم دانا[b]، گیانت لە جیاتی گیانی دەبێت و گەلەکەشت لە جیاتی گەلەکەی."» [٤٣]ئینجا پاشای ئیسرائیل بە دڵتەنگی و پەستییەوە چوو بۆ کۆشکەکەی لە سامیرە.

## ڕەزەمێوی ناڤۆت

٢١ دوای ماوەیەك لە ڕووداوەکان، ناڤۆتی یەزرەعیلی لە یەزرەعیل لەتەنیشت کۆشکەکەی ئەحاڤی پاشای سامیرە ڕەزەمێوێکی هەبوو. [٢]ئەحاڤ بە ناڤۆتی گوت: «ڕەزەمێوەکەی خۆتم بدەرێ، بۆ ئەوەی بیکەمە باخی سەوزەوات، چونکە نزیکە و لەتەنیشتی کۆشکەکەمەوەیە، منیش لە جیاتی ئەوە ڕەزەمێوێکی باشترت دەدەمێ، یان ئەگەر بۆ تۆ باشترە بەپێی نرخەکەی زیوت دەدەمێ.»

[٣]ناڤۆتیش بە ئەحاڤی گوت: «لەلایەن یەزدانەوە لە من بەدوور بێت کە میراتی باوباپیرانی خۆمت بدەمێ!»

[٤]جا ئەحاڤ بە دڵتەنگی و پەستییەوە گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی، لەبەر ئەو قسەیەی کە ناڤۆتی یەزرەعیلی پێی گوت، کە گوتی، «میراتی باوباپیرانمت نادەمێ،» ئیتر لەسەر جێگاکەی پاڵکەوت، ڕووی خۆی وەرگێڕا و نانی نەخوارد.

[٥]جا ئیزابێلی ژنی هاتە ژوورەوە بۆ لای و پێی گوت: «ئەوە چییە، بۆچی دڵتەنگیت و نان ناخۆیت؟»

[٦]ئەویش وەڵامی دایەوە: «لەبەر ئەوەی قسەم لەگەڵ ناڤۆتی یەزرەعیلی کرد و پێم گوت: "ڕەزەمێوەکەتم بدەرێ، بە زیو یان ئەگەر حەز دەکەیت ڕەزەمێوێکت لە جیاتی دەدەمێ،" بەڵام گوتی: "ڕەزەمێوەکەمت نادەمێ."»

[٧]ئیزابێلی ژنیشی پێی گوت: «ئایا ئێستا تۆ پاشایەتی ئیسرائیل ناکەیت؟ هەستە نان بخۆ و دڵخۆش بە، من ڕەزەمێوەکەی ناڤۆتی یەزرەعیلیت دەدەمێ.»

[٨]چەند نامەیەکی بە ناوی ئەحاڤەوە نووسی و بە مۆرەکەی ئەو مۆری کردن، نامەکانیشی بۆ ئەو

---

[a] ٣٩ تالنتێك: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام.

[b] ٤٢ بۆ قڕبوونم دانا: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

پیر و خانەدانانە نارد کە لە هەمان ئەو شارەی ناقۆت لەگەڵ ئەو نیشتەجێ بوون. [٩]لەو نامانەشدا نووسیبووی:

«بانگەوازی ڕۆژووگرتن بکەن و کۆببنەوە، ناقۆت لە سەرووی گەلەوە دابنیشێنن. [١٠]دوو پیاوی سووکوچروکیش بەرامبەری دابنیشێنن، هەتا شایەتی بدەن و بڵێن، نەفرەتت لە خودا و لە پاشا کردووە، پاشان بیهێننە دەرەوە و بەردبارانی بکەن، هەتا دەمرێت.»

[١١]ئیتر پیاوانی شارەکەی ناقۆت، پیر و خانەدانەکانی دانیشتووانی شارەکەی ئەوەیان کرد، وەك ئەوەی ئیزابێل بۆی ناردن، وەك ئەوەی لە نامەکاندا نووسرابوو کە بۆیان نێردرابوون. [١٢]بانگەوازیان کرد بۆ ڕۆژووگرتن و کۆبوونەوە، ناقۆتیان لە سەرووی گەلەوە دانیشاند. [١٣]دوو پیاوی سووکوچروکیش هاتن و لە بەرامبەری دانیشتن، پیاوە سووکوچروکەکانیش لەبەردەم گەلدا شایەتییان لەسەر ناقۆت دا و گوتیان: «ناقۆت نەفرەتی لە خودا و لە پاشا کردووە.» جا بردیانە دەرەوەی شار و بەردبارانیان کرد و مرد. [١٤]ئینجا هەواڵیان بۆ ئیزابێل نارد و گوتیان: «ناقۆت بەردباران کراوە و مردووە.»

[١٥]هەر کە ئیزابێل بیستییەوە ناقۆت بەردباران کراوە و مردووە، بە ئەحاڤی گوت: «هەستە و ڕەزەمێوەکەی ناقۆتی یەزرەعیلی کە ڕازی نەبوو بە زیو بتداتێ، دەستی بەسەردا بگرە، چونکە ناقۆت مردووە و زیندوو نییە.» [١٦]کاتێك ئەحاڤ بیستییەوە ناقۆت مردووە، هەستا هەتا بەرەو خوارەوە بچێتە ڕەزەمێوەکەی ناقۆتی یەزرەعیلی، هەتا دەستی بەسەردا بگرێت.

[١٧]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەلیاسی تیشبی هات: [١٨]«هەستە بەرەو خوارەوە بڕۆ بۆ بینینی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل، ئەوەی لە سامیرەیە. وا لە ڕەزەمێوەکەی ناقۆتە، ئەوەی چووە ئەوێ هەتا دەستی بەسەردا بگرێت. [١٩]قسەی لەگەڵ بکە و بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئایا پیاوت کوشت و هەروەها دەست بەسەر میراتەکەشیدا دەگریت؟“ پێشی دەڵێیت، بەم جۆرەی فەرمووە: ”لەو شوێنەدا کە سەگ خوێنەکەی ناقۆتیان لێسایەوە، لە هەمان شوێندا خوێنەکەی تۆش دەلێسنەوە. بەڵێ، هی خۆت!“»

[٢٠]ئەحاڤ بە ئەلیاسی گوت: «دوژمنەکەم، منت دۆزییەوە!»

ئەویش گوتی: «تۆم دۆزییەوە، لەبەر ئەوەی خۆتت فرۆشتووە تاکو ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان خراپە، ئەنجامی بدەیت. [٢١]”من وا بەڵات بەسەردا دەهێنم و ڕیشەکێشت دەکەم، هەرچی نێرینە و کۆیلە و ئازادی ئەحاڤە لە ئیسرائیلدا قڕی دەکەم. [٢٢]ماڵەکەشت وەك ماڵی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات و بەعشای کوڕی ئاحییای لێ دەکەم، لەبەر ئەوەی پەستت کردم و ئیسرائیلت تووشی گوناه کرد.“

[٢٣]«هەروەها یەزدان لەبارەی ئیزابێلیشەوە فەرمووی: ”سەگ لە نزیك شووراکەی یەزرەعیلەوە ئیزابێل دەخۆن.“

[٢٤]«ئەوەی لە بنەماڵەی ئەحاڤ بێت و لە شاردا بمرێت سەگ دەیخوات، ئەوەشی لە کێڵگەدا بمرێت باڵندەکانی ئاسمان دەیخۆن.»

[٢٥]کەس نەبوو وەك ئەحاڤ خۆی بفرۆشێت هەتا ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان خراپە ئەنجامی بدات، چونکە ئیزابێلی ژنی فریوی دا. [٢٦]قێزەون بوو بە پەیڕەوکردنی لە بتەکان، وەك هەموو ئەوەی ئەمۆرییەکان کردیان، ئەوەی یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا دەریکردن.

[٢٧]کاتێك ئەحاڤ گوێی لەم قسانە بوو، جلەکانی دادڕی و جلوبەرگی گوشی پۆشی و بەڕۆژوو بوو، بە بەرگی گوشەوە پاڵکەوت و بە بێدەنگی ڕۆیشت.

[٢٨]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ ئەلیاسی تیشبی هات: [٢٩]«بینیت ئەحاڤ چۆن لەبەردەممدا خۆی نزم کردەوە؟ لەبەر ئەوەی لەبەردەمم خۆی نزم کردووەتەوە، هەتا ئەو لە ژیاندا بێت ئەم بەڵایە ناهێنم، بەڵکو لەدوای ئەو لە سەردەمی کوڕەکەی بەڵاکە بەسەر ماڵەکەیدا دەهێنم.»

## پێشبینی میخایو سەبارەت بە ئەحاڤ

٢٢ سێ ساڵ تێپەڕی و جەنگ لەنێوان ئارام و ئیسرائیل ڕووی نەدا. [٢]بەڵام لە ساڵی سێیەم، یەهۆشافاتی پاشای یەهودا چوو بۆ لای پاشای ئیسرائیل. [٣]پاشای ئیسرائیل بە کاربەدەستەکانی گوتبوو: «ئایا نازانن ڕامۆتی گلعاد هی ئێمەیە و ئێمەش بێدەنگین لەوەی لە دەست پاشای ئارامی وەربگرینەوە؟»

[٤]لەبەر ئەوە پرسیاری لە یەهۆشافات کرد: «لەگەڵم دێیتە ڕامۆتی گلعاد بۆ جەنگ؟»

یەهۆشافاتیش وەڵامی پاشای ئیسرائیلی دایەوە: «خۆم وەک خۆت و گەلەکەم وەک گەلەکەت و ئەسپەکانیشم وەک ئەسپەکانت.» [٥]بەڵام یەهۆشافات بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «سەرەتا داوای ڕاوێژ لە یەزدان بکە.»

[٦]ئیتر پاشای ئیسرائیل پێغەمبەرەکانی کۆکردەوە، نزیکەی چوار سەد پیاو بوون، لێی پرسین: «ئایا بچمە ڕامۆتی گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟»

ئەوانیش گوتیان: «بڕۆ، پەروەردگار دەیداتە دەستی پاشا.»

[٧]بەڵام یەهۆشافات پرسیاری کرد: «هیچ پێغەمبەرێکی یەزدان لێرە نەماوە لێی بپرسین؟»

[٨]پاشای ئیسرائیلیش بە یەهۆشافاتی گوت: «پیاوێکی دیکە ماوە پرسی یەزدانی پێ بکەین، بەڵام من ڕقم لێیەتی، چونکە ئەو سەبارەت بە من پێشبینی چاک ناکات، بەڵکو خراپ، ئەویش میخایوی کوڕی یەملایە.»

یەهۆشافاتیش گوتی: «با پاشا ئاوا نەڵێت.»

[٩]لەبەر ئەوە پاشای ئیسرائیل کاربەدەستێکی بانگکرد و گوتی: «بە پەلە میخایوی کوڕی یەملام بۆ بهێنە!»

[١٠]لەو کاتەدا پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافاتی پاشای یەهودا جلی شاهانەیان لەبەرکردبوو، هەریەکە و لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو، لەسەر جۆخینەکەی[a] لای دەروازەی سامیرە، هەموو پێغەمبەرەکانیش لەبەردەمیان پێشبینییان دەکرد. [١١]سدقیای کوڕی کەنعەنا دوو قۆچی ئاسنی بۆ خۆی دروستکردبوو، گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بەمە ورگی ئارامییەکان دەدڕیت هەتا تەواو دەبن.“»

[١٢]هەموو پێغەمبەرەکانیش بەم جۆرە پێشبینییان کرد، گوتیان: «پەلاماری ڕامۆتی گلعاد بدە و سەرکەوتوو دەبیت، یەزدان دەیداتە دەستی پاشا.»

[١٣]ئەو نێردراوەی چوو میخایو بانگ بکات قسەی لەگەڵ کرد و گوتی: «ئەوەتا قسەی هەموو پێغەمبەرەکان بە یەک دەنگ لە بەرژەوەندی پاشایە، تکایە با قسەی تۆش وەک قسەی یەکێک لەوان بێت و بە باشە قسە بکە.»

[١٤]بەڵام میخایو گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، ئەوەی یەزدان پێم بفەرموێت ئەوە دەڵێم.»

[١٥]کاتێک هاتە لای پاشا، پاشا لێی پرسی: «میخایو، بچینە ڕامۆتی گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟»

ئەویش پێی گوت: «هێرش بکەن و سەرکەوتوو بن، یەزدان دەیداتە دەستی پاشا.»

[١٦]پاشاش پێی گوت: «چەند جار من سوێندم داویت، کە جگە لە ڕاستی بە ناوی یەزدانەوە هیچی دیکەم پێ نەڵێیت؟»

[١٧]ئینجا میخایو وەڵامی دایەوە: «هەموو ئیسرائیلم بینی لەسەر چیاکان وەک مەڕی بێ شوان پەرتەوازە ببوون، یەزدانیش فەرمووی: ”ئەوانە خاوەنیان نییە، با هەریەکە و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.“»

[١٨]پاشای ئیسرائیل بە یەهۆشافاتی گوت: «پێم نەگوتی ئەو پێشبینی چاک سەبارەت بە من ناکات، بەڵکو خراپ؟»

[١٩]میخایو گوتی: «لەبەر ئەوە گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرە، یەزدانم بینی لەسەر تەختەکەی

---

[a] ١٠ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

دانیشتبوو، هەموو هێزەکانی ئاسمانیش لە دەوروبەری بوون و لەلای ڕاست و چەپیەوە ڕاوەستابوون. ٢٠یەزدان فەرمووی: ”کێ ئەحاڤ فریودەدات هەتا هێرش بکاتە سەر ڕامۆتی گلعاد و لەوێ بمرێت؟“

«یەکێك پێشنیاری ئەمەی کرد و یەکێکی دیکە ئەوە. ٢١ئینجا ڕۆحێك هاتە پێشەوە و لەبەردەم یەزدان ڕاوەستا و گوتی: ”من فریوی دەدەم.“

٢٢«یەزدانیش لێی پرسی: ”بە چی؟“

«ئەویش گوتی: ”دەچمە دەرەوە و لە دەمی هەموو پێغەمبەرەکانی دەبمە ڕۆحی درۆ.“

«یەزدانیش پێی فەرموو: ”تۆ فریوی دەدەیت و دەتوانیت، بڕۆ دەرەوە و ئەوە بکە.“

٢٣«ئێستاش وا یەزدان ڕۆحی درۆی[a] خستووەتە ناو دەمی هەموو پێغەمبەرەکانتەوە. یەزدان بڕیاری دا بەڵاتان بەسەر بهێنێت.»

٢٤ئینجا سدقیای کوڕی کەنعەنا هاتە پێشەوە و زللەیەکی لە ڕوومەتی میخایو دا و گوتی: «لەکوێوە ڕۆحی یەزدان لە منەوە پەڕییەوە هەتا قسەت لەگەڵدا بکات؟»

٢٥میخایو وەڵامی دایەوە: «دەبینیت کە ئەو ڕۆژە دەچیتە ژووری دواوەی خانوو بۆ ئەوەی خۆت بشاریتەوە.»

٢٦ئینجا پاشای ئیسرائیل فەرمانی دا: «میخایو ببە و بیگەڕێنەوە لای ئامۆنی فەرمانڕەوای شارەکە و یۆئاشی کوڕی پاشا، ٢٧بڵێ: ”ئەمە فەرمانی پاشایە: ئەمە بخەنە زیندانەوە و جگە لە کەمێك نان و ئاو هیچی دیکەی پێ مەدەن، هەتا هاتنەوەم بە سەلامەتی.“»

٢٨میخایو گوتی: «ئەگەر تۆ بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، یەزدان لە ڕێگەی منەوە هیچی نەفەرمووە!» ئینجا گوتی: «ئەی هەموو گەل، گوێ بگرن!»

## کوژرانی ئەحاڤ لە ڕامۆتی گلعاد

٢٩ئیتر پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافاتی پاشای یەهودا سەرکەوتن بۆ ڕامۆتی گلعاد. ٣٠پاشای ئیسرائیل بە یەهۆشافاتی گوت: «من خۆم دەگۆڕم و دەچمە ناو جەنگەکە، بەڵام تۆ جلوبەرگە شاهانەکەی خۆت لەبەر بکە.» ئینجا پاشای ئیسرائیل خۆی گۆڕی و چووە ناو جەنگەکە.

٣١پاشای ئارام فەرمانی بە سی و دوو فەرماندەی گالیسکەکانی دا و گوتی: «شەڕ لەگەڵ هیچ گەورە و بچووکێك مەکەن، جگە لە پاشای ئیسرائیل.» ٣٢کاتێك کە سەرکردەکانی گالیسکەکان یەهۆشافاتیان بینی، گوتیان: «بە دڵنیاییەوە ئەوە پاشای ئیسرائیلە.» لەبەر ئەوە گەڕانەوە تاکو شەڕی لەگەڵ بکەن، بەڵام کاتێك یەهۆشافات هاواری کرد، ٣٣سەرکردەکانی گالیسکەکان بینییان ئەوە پاشای ئیسرائیل نەبوو، وازیان لە ڕاونانی هێنا.

٣٤پیاوێکیش بە هەڕەمەکی تیروکەوانەکەی ڕاکێشا و لە درزی نێو بەشەکانی سپەرەکەیەوە پاشای ئیسرائیلی بریندار کرد، ئەویش بە گالیسکەوانەکەی گوت: «دەستت بکێشەوە لەناو سوپاکە بمبە دەرەوە، چونکە بریندار بووم.» ٣٥لەو ڕۆژەدا شەڕەکە زۆر سەخت بوو، پاشا لەناو گالیسکەکەی بەرامبەر بە ئارام ڕاگیرا، ئێوارە مرد و خوێنی برینەکەی بۆ ناو بنی گالیسکەکە چۆڕایەوە. ٣٦کاتێك خۆر لە ئاوابوون بوو، هاوارێك بەناو سوپاکەدا بڵاو بووەوە و گوتی: «هەر پیاوە و بۆ خاکەکەی و شارۆچکەکەی خۆی بگەڕێتەوە!»

٣٧بەم شێوەیە پاشا مرد، هێنایانەوە سامیرە و لەوێ ناشتیان. ٣٨گالیسکەکە لە گۆمەکەی سامیرە شوشترا، لەو شوێنەی لەشفرۆشان خۆیان لێ دەشوشت، سەگ خوێنەکەیان لێستەوە، هەروەك یەزدان فەرمووبووی.

٣٩ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەحاڤ و هەموو ئەوەی کردی و کۆشکە عاجەکەی کە بنیادی نا و هەموو ئەو شارانەی پتەوی کردن لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

---

[a] ٢٣ ڕۆحێکی شەیتانی بۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ.

[٥٠] ئەحاڤ لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، ئیتر ئەحەزیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆشافات لە یەهودا

[٤١] لە چوارەمینساڵی پاشایەتی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل، یەهۆشافاتی کوڕی ئاسا بوو بە پاشای یەهودا. [٤٢] یەهۆشافات لە تەمەنی سی و پێنج ساڵی بوو بە پاشا، بیست و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی عەزوڤای کچی شیلحی بوو. [٤٣] لە هەموو شتێك ڕێچکەی ئاسای باوکی گرتەبەر و لێی لانەدا، ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاستە کردی. بەڵام هێشتا نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران و گەل لە بەرزاییەکاندا قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند. [٤٤] هەروەها یەهۆشافات لەگەڵ پاشای ئیسرائیل پەیمانی ئاشتی بەست.

[٤٥] ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆشافات و دەستکەوتەکانی کە هەبوو، کارە جەنگییەکانی، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[٤٦] پاشماوەی ئەو پیاوە لەشفرۆشانەش کە لە سەردەمی ئاسای باوکی مابوونەوە، لە خاکەکە ڕایماڵین. [٤٧] لەو کاتەدا لە ئەدۆم پاشا نەبوو، بەڵکو بریکارێکی پاشای یەهودا هەبوو.

[٤٨] یەهۆشافات کەشتیی بازرگانی دروستکرد تاوەکو بچنە ئۆفیر بۆ هاوردەکردنی زێڕ، بەڵام کەشتییەکان نەچوون، چونکە لە عەچیۆن گەڤەر تێکشکان. [٤٩] لەو کاتەدا ئەحەزیای کوڕی ئەحاڤ بە یەهۆشافاتی گوت: «با خزمەتکارەکانیشم لەگەڵ خزمەتکارەکانت بە کەشتییەکانی تۆ بڕۆن.» بەڵام یەهۆشافات ڕازی نەبوو.

[٥٠] ئیتر یەهۆشافات لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە. لە شاری داودی باپیرە گەورەی لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا. یەهۆرامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئەحەزیا لە ئیسرائیل

[٥١] لە حەڤدەیەمین ساڵی پاشایەتی یەهۆشافاتی پاشای یەهودا، ئەحەزیای کوڕی ئەحاڤ لە سامیرە بوو بە پاشای ئیسرائیل، دوو ساڵ پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. [٥٢] لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، ڕێچکەی دایك و باوکی گرتەبەر، هەروەها ڕێگاکەی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات. [٥٣] بەعلی پەرست و کڕنۆشی بۆ برد، یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلی پەست کرد، هەروەك ئەوەی باوکی کردبووی.

# دووەم پاشایان

**کورتە باسێك**

**فەرمانڕەوایەتیکردن بە دادپەروەری و دانایی پشت بە گوێڕایەڵبوون دەبەستێ بە فەرمایشتی خودا، گوێڕایەڵنەبوون و هەڵگەڕانەوە سزای قورسی هەیە.**

ئەم پەڕتووکە لە نزیکەی سەدەی شەشەمی بەر لە زایین بە ڕۆحی پیرۆز نووسراوە، باسی سەردەمێکی مێژوو دەکات بە درێژایی نزیکەی دوو سەد و پەنجا ساڵ، لەو ماوەیەدا دوو کارەسات بەسەر گەلی ئیسرائیلدا هات. لە ساڵی ٧٢٢ پ. ز. ئاشورییەکان هێرشیان کردە سەر شانشینی ئیسرائیل لە باکوور و وێرانیان کرد، هەروەها لە ساڵی ٥٨٦ پ. ز. لەشکری بابلی هەڵکشا بۆ سەر شانشینی یەهودا لە باشوور و داگیریان کرد. دەقەکانی ئەم پەڕتووکە وردەکاری گرنگییان باسکردووە سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتی چینێك لە پاشایان لەگەڵ خراپی باری ڕۆحی و خراپەکاری و گوناهباری پاشاکان. لەو ماوەیەی ئەو پاشا خراپانە فەرمانڕەوایەتییان دەکرد، لە کاتی شەڕ و ئاشتی، بووژانەوە و وێرانی، خودا کاریگەری هەبوو لەسەر مێژوو و ژیانی گەل، بە تایبەتیش کاتێك پێغەمبەر و نێردراو و ئاگادارکەرەوەی دەنارد بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەو سزایەی بەسەریان دێت.

بە درێژایی ئەم پەڕتووکە دەسەڵاتی خودا لەسەر ژیانی مرۆڤ و نەتەوەکان دیاردەیەکی زەقە. ڕابەرەکان پێیان وابووە کە توانیویانە جڵەوی پاشا بگرنە دەست، بەڵام بە هەڵەدا چوون، لەم پەڕتووکە دەبینین چۆن خودا ئاشوری و بابلییەکانی بەکارهێنا بۆ بەجێگەیاندنی حوکمەکەی لەسەر هەردوو شانشینی یەهودا و ئیسرائیل کە لەڕێ لایاندابوو. دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە گوناە سزا دەهێنێتە سەر گەل، بەڵام چاکە بەرەکەتی خودا دەهێنێت. پەڕتووکی دووەم پاشایان بۆمان ئاشکرا دەکات کە خودا بەبێ ئاگادارکردنەوە کەس سزا نادات، سەرەتا پێغەمبەرەکانی نارد بۆ ئەوەی لە سزای خودایانە ئاگاداریان بکاتەوە.

**حوکمدانی ئەحەزیا لەلایەن یەزدانەوە**

١ پاش مردنی ئەحاڤ، مۆئاب لە ئیسرائیل
یاخی بوو. [2]ئەحەزیاش لە پەنجەرەی ژووری
سەرەوەی کۆشکەکەی لە سامیرە کەوتە خوارەوە
و بریندار بوو، چەند نێردراوێکی نارد و پێی گوتن:
«بڕۆن پرسیار لە بەعلزەبوبی خوداوەندی عەقرۆن
بکەن، ئایا لەم برینداریییەم چاك دەبمەوە؟»
[3]فریشتەی یەزدانیش بە ئەلیاسی تیشبی فەرموو:
«هەستە سەربکەوە بۆ بینینی نێردراوەکانی
پاشای سامیرە و پێیان بڵێ: ”ئایا لەبەر ئەوەی کە
لە ئیسرائیل خودا نییە، ئێوە دەچن پرسیار لە
بەعلزەبوبی خوداوەندی عەقرۆن دەکەن؟“ [4]لەبەر
ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”لەسەر ئەو نوێنە
هەڵناستیتەوە کە لەسەری ڕاکشاویت، بە دڵنیاییەوە
دەمریت!“» ئینجا ئەلیاس ڕۆیشت.

[5]کاتێك نێردراوەکان گەڕانەوە لای پاشا، پاشا لێی
پرسین: «بۆچی گەڕانەوە؟»
[6]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «پیاوێك بەرەوپیرمان
هات، پێی گوتین: ”بڕۆن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو
پاشایەی کە ئێوەی ناردووە و پێی بڵێن، ’یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: ئایا لەبەر ئەوەی کە لە ئیسرائیل خودا
نییە، ئێوە دەچن پرسیار لە بەعلزەبوبی خوداوەندی
عەقرۆن دەکەن؟ لەسەر ئەو نوێنە هەڵناستیتەوە کە
لەسەری ڕاکشاویت، بە دڵنیاییەوە دەمریت!‘“»
[7]پاشا لێی پرسین: «ئەو پیاوەی بەرەوپیرتان هات
و ئەم قسانەی پێ گوتن، شێوەی چۆن بوو؟»
[8]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «پیاوێکی تووکن بوو،
پشتێنێکی چەرمیشی لە کەمەری بەستبوو.»
ئەویش گوتی: «ئەوە ئەلیاسی تیشبییە.»
[9]ئینجا فەرماندەیەکی لەگەڵ پەنجا سەربازەکەی
ناردە لای ئەلیاس، ئەویش چوو بۆ لای ئەلیاس و بینی

وا لەسەر لووتکەی کێوێك دانیشتووە، پێی گوت:
«ئەی پیاوی خودا، پاشا دەڵێت، ”وەرە خوارەوە!“»
[١٠] ئەلیاسیش وەڵامی فەرماندەکەی دایەوە:
«ئەگەر من پیاوی خودام، با ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە
خوارەوە و خۆت و پەنجا پیاوەکەت بسووتێنێت!»
ئینجا ئاگر لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خۆی و
پەنجا پیاوەکەی سووتاند.
[١١] دیسان فەرماندەیەکی دیکەی بە پەنجا
سەربازەکەیەوە ناردە لای ئەلیاس، پێی گوت:
«ئەی پیاوی خودا، پاشا دەڵێت: ”پەلە بکە و وەرە
خوارەوە!“»
[١٢] ئەلیاسیش وەڵامی دایەوە و پێی گوتن: «ئەگەر
من پیاوی خودام، با ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە
و خۆت و پەنجا پیاوەکەت بسووتێنێت!» ئینجا
ئاگری خودا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و خۆی و
پەنجا پیاوەکەی سووتاند.
[١٣] بۆ جاری سێیەم فەرماندەیەکی لەگەڵ پەنجا
سەربازەکەی نارد. فەرماندەکەی سێیەم سەرکەوت
و چوو لەبەردەم ئەلیاس کەوتە سەر چۆك و لێی
پاڕایەوە، پێی گوت: «ئەی پیاوی خودا، با ژیانی خۆم
و ژیانی ئەم پەنجا خزمەتکارەت لەبەرچاو بەهادار
بێت. [١٤] ببینە، ئاگر لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و
دوو فەرماندەکەی یەکەمی لەگەڵ سەربازەکانیان
سووتاند. بەڵام ئێستا با ژیانی من لەبەرچاوت
بەهادار بێت!»
[١٥] ئینجا فریشتەی یەزدان بە ئەلیاسی فەرموو:
«لەگەڵی برۆ خوارەوە، لێی مەترسە.» ئەویش هەستا
و لەگەڵی چووە خوارەوە بۆ لای پاشا.
[١٦] بە پاشای گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
لەبەر ئەوەی نێردراوت نارد هەتا پرسیار لە
بەعلزەبوبی خوداوەندی عەقرۆن بکەن، ئایا لە
ئیسرائیل خودا نییە هەتا پرس بەو بکەیت؟ لەبەر
ئەمە لەسەر ئەو نوێنە هەڵناستیتەوە کە لەسەری
ڕاکشاویت، بە دڵنیاییەوە دەمریت!» [١٧] ئینجا پاشا
مرد، بەپێی فەرمایشتی یەزدان لە ڕێگەی ئەلیاسەوە.
لەبەر ئەوەی ئەحەزیا کوڕی نەبوو، یۆرام لە
جێی ئەو بوو بە پاشا، لە ساڵی دووەمی پاشایەتی
یەهۆرامی کوڕی یەهۆشافاتی پاشای یەهودا.
[١٨] ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەحەزیا و ئەوەی
کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی
ئیسرائیل تۆمار کراون.

## بەرزکردنەوەی ئەلیاس بۆ ئاسمان

٢ کاتێك یەزدان ویستی ئەلیاس لە
گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە،
ئەلیاس و ئەلیشەع لە گلگالەوە بەڕێکەوتن. [٢] ئەلیاس
بە ئەلیشەعی گوت: «لێرە بمێنەرەوە، چونکە یەزدان
منی ناردووەتە بێت‌ئێل.»
ئەلیشەعیش گوتی: «بە یەزدانی زیندوو و بە
گیانی خۆت، بەجێت ناهێڵم.» ئینجا بەرەو بێت‌ئێل
چوون.
[٣] ئەندامانی کۆمەڵی پێغەمبەرانی بێت‌ئێل هاتنە
دەرەوە بۆ لای ئەلیشەع و لێیان پرسی: «دەزانیت
ئەمڕۆ یەزدان گەورەکەت لە تۆ دەستێنێ؟»
ئەویش گوتی: «بەڵێ دەزانم، بێدەنگ بن.»
[٤] ئینجا ئەلیاس پێی گوت: «ئەلیشەع، لێرە
بمێنەرەوە، چونکە یەزدان منی ناردووەتە ئەریحا.»
ئەویش گوتی: «بە یەزدانی زیندوو و بە گیانی تۆ،
بەجێت ناهێڵم.» ئینجا چوونە ئەریحا.
[٥] ئەندامانی کۆمەڵی پێغەمبەرانی ئەریحاش لە
ئەلیشەع هاتنە پێشەوە و لێیان پرسی: «دەزانیت
ئەمڕۆ یەزدان گەورەکەت لێ دەستێنێت؟»
ئەویش گوتی: «بەڵێ دەزانم، بێدەنگ بن.»
[٦] پاشان ئەلیاس پێی گوت: «لێرە بمێنەرەوە،
چونکە یەزدان منی ناردووەتە ڕووباری ئوردون.»
ئەویش گوتی: «بە یەزدانی زیندوو و بە گیانی تۆ،
بەجێت ناهێڵم.» ئینجا هەردووکیان ڕۆیشتن.
[٧] پەنجا ئەندامی کۆمەڵی پێغەمبەران ڕۆیشتن و لە
دوورەوە لە بەرامبەر ئەلیاس و ئەلیشەع ڕاوەستان،
ئەوانیش هەردووکیان لەسەر ڕووباری ئوردون
ڕاوەستان. [٨] ئەلیاس کەواکەی گرت و پێچایەوە و لە

ئاوەکەی دا. جا ئاوەکە شەق بوو، هەردووکیان بە
وشکانیدا پەڕینەوە.
٩کاتێك پەڕینەوە، ئەلیاس بە ئەلیشەعی گوت:
«داوای چی دەکەیت هەتا بۆت بکەم، بەر لەوەی
لێت جیا ببمەوە؟»
ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «با ڕۆحی تۆ بە میرات
وەربگرم.»
١٠ئەلیاس گوتی: «داوای شتێکی گرانت کرد.
ئەگەر منت بینی کاتێك لێت جیا دەبمەوە، ئەوا بۆ
تۆ دەبێت، ئەگەر نا بۆت نابێت.»
١١ئەوە بوو کاتێك دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد،
لەناکاو گالیسکەیەکی ئاگرین و چەند ئەسپێکی
ئاگرین هەردووکیانی لێك جیا کردەوە، ئەلیاس لە
گەردەلوولێکدا بۆ ئاسمان سەرکەوت. ١٢ئەلیشەع
ئەمەی بینی و هاواری کرد: «باوکە! باوکە!
گالیسکەکەی ئیسرائیل و سوارەکانی!» ئیتر ئەلیاسی
نەبینییەوە. جلەکەی بەر خۆی دڕاند و کردییە دوو
پارچە.
١٣کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرتەوە کە لێی کەوتبووە
خوارەوە، گەڕایەوە و لەسەر کەناری ڕووباری
ئوردون ڕاوەستا. ١٤ئینجا کەواکەی ئەلیاسی هەڵگرت،
ئەوەی لێی کەوتبووە خوارەوە، بە کەوایەکە کێشای
بە ئاوەکەدا و گوتی: «یەزدانی خودای ئەلیاس
لەکوێیە؟» کاتێك بە ئاوەکەیدا کێشا، ئاوەکە شەقبوو،
ئەلیشەع پەڕییەوە.
١٥کاتێك ئەندامانی کۆمەڵی پێغەمبەرانی ئەریحا،
ئەوانەی لە بەرامبەری بوون بینییان، گوتیان:
«ڕۆحی ئەلیاس لەسەر ئەلیشەع جێگیر بووە.» ئینجا
بەرەوپیری چوون و کڕنۆشیان بۆ برد. ١٦پێیان گوت:
«ئەوەتا خزمەتکارەکانت پەنجا پیاوی تواناداریان
هەیە. لێیانگەڕێ با بچن بەدوای گەورەکەتدا
بگەڕێن. لەوانەیە ڕۆحی یەزدان هەڵیگرتبێت و
لەسەر کێوێك یاخود لەناو یەکێك لە دۆڵەکان
داینابێت.»
ئەلیشەع گوتی: «مەیاننێرن.»
١٧بەڵام زۆریان لێکرد هەتا شەرم دایگرت و گوتی:
«بیاننێرن.» ئەوانیش پەنجا پیاویان نارد، سێ ڕۆژ
بەدوایدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە. ١٨کاتێك گەڕانەوە
لای ئەلیشەع کە هێشتا لە ئەریحا مابووەوە، پێی
گوتن: «پێم نەگوتن مەچن؟»

## سازگارکردنی ئاو

١٩پیاوانی شارەکە بە ئەلیشەعیان گوت: «ئەوەتا
هەروەك گەورەم دەبینێت شوێنی شارەکە باشە،
بەڵام ئاوەکە خراپە و خاکەکەشی بێ بەروبوومە.»
٢٠ئەویش گوتی: «قاپێکی نوێم بۆ بهێنن و خوێی
تێ بکەن.» ئەوانیش بۆیان هێنا.
٢١ئینجا چووە دەرەوە بۆ سەرچاوەی ئاوەکە
و خوێیەکەی فڕێدا ناوی و گوتی: «یەزدان
دەفەرموێت: ”ئەم ئاوەم سازگار کرد و جارێکی
دیکە نابێتە هۆکاری مردن و بێ بەروبوومی خاك.“»
٢٢بەگوێرەی ئەو قسەیە کە ئەلیشەع کردی هەتا
ئەمڕۆش ئاوەکە سازگارە.

## گاڵتەکردن بە ئەلیشەع

٢٣ئینجا ئەلیشەع لەوێوە چوو بۆ بێتئێل، کاتێك
بە ڕێگاکەدا سەردەکەوت، کۆمەڵێك مێردمنداڵ
لە شارەکەوە هاتنە دەرەوە و گاڵتەیان پێکرد،
پێیان گوت: «کەچەڵ لێرە بڕۆ! کەچەڵ لێرە بڕۆ!»
٢٤ئەویش ئاوڕی لەدوای خۆی دایەوە و تەماشای
کردن، بە ناوی یەزدانەوە نەفرەتی لێکردن. ئیتر
دوو ورچ لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە و چل و دوو
کوڕیان پارچەپارچە کرد. ٢٥لەوێوە چوو بۆ کێوی
کارمەل، ئینجا لەوێشەوە گەڕایەوە سامیرە.

## یاخیبوونی مۆئاب

٣ یۆرامی کوڕی ئەحاڤ لە هەژدەمین ساڵی
پاشایەتی یەهۆشافاتی پاشای یەهودا، بوو بە
پاشای ئیسرائیل لە سامیرە، دوازدە ساڵ پاشایەتی کرد.
٢ئەویش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەڵام

نەك وەکو دایك و باوکی، ئەو بەردە تەرخانکراوەی[a] بەعلی لەناوبرد کە باوکی دروستی کردبوو. ٣لەگەڵ ئەوەش پەیوەست بوو بە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات و هەمان گوناهەکانی ئەوی کرد کە بەهۆیانەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات، خۆی لێیان لانەدا.

٤مێشای پاشای مۆئابیش خاوەنی مەڕوماڵات بوو، سەد هەزار بەرخ و خوری سەد هەزار بەرانی وەك سەرانە دەدایە پاشای ئیسرائیل. ٥بەڵام پاش مردنی ئەحاڤ، پاشای مۆئاب لە پاشای ئیسرائیل یاخی بوو. ٦دەستبەجێ یۆرام پاشا لە سامیرەوە بەڕێکەوت و هەموو ئیسرائیلی کۆکردەوە. ٧هەروەها ئەو پەیامەی بۆ یەهۆشافاتی پاشای یەهودا نارد: «پاشای مۆئاب لێم یاخی بووە، ئایا لەگەڵم دێیت بۆ ئەوەی لە دژی مۆئاب بجەنگین؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «لەگەڵت دێم، من خۆم وەك تۆ و گەلەکەم وەك گەلەکەت و ئەسپەکانیشم وەك ئەسپەکانت.»

٨لێی پرسی: «لە کام ڕێگاوە بچین؟»

یۆرامیش وەڵامی دایەوە: «لە ڕێگای بیابانی ئەدۆم.»

٩ئینجا پاشای ئیسرائیل لەگەڵ پاشای یەهودا و پاشای ئەدۆم بەڕێکەوتن. دوای ئەوەی سوپاکە حەوت ڕۆژەڕێ بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، ئاو بۆ خۆیان و ئەو ئاژەڵانەی پێیان بوو نەما.

١٠پاشای ئیسرائیلیش گوتی: «ئاخ! لەبەر ئەوە یەزدان ئەم سێ پاشایەی بانگکردووە، هەتا بمانداتە دەستی پاشای مۆئاب؟» ١١بەڵام یەهۆشافات گوتی: «ئایا لێرە هیچ پێغەمبەرێکی یەزدان نییە، هەتا لە ڕێگەی ئەوەوە پرس بە یەزدان بکەین؟»

یەکێك لە ئەفسەرەکانی پاشای ئیسرائیل وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەلیشەعی کوڕی شافات لێرەیە، ئەوەی ئاوی بە دەستەکانی ئەلیاسدا دەکرد.»

١٢یەهۆشافات گوتی: «فەرمایشتی یەزدان لەلای ئەوە.» ئینجا پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافات و پاشای ئەدۆم چوونە خوارەوە بۆ لای ئەو.

١٣ئەلیشەع بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «چیمان بەیەکەوە هەیە؟ بڕۆ لای پێغەمبەرەکانی دایك و باوکت.»

پاشای ئیسرائیلیش گوتی: «نەخێر، چونکە یەزدان ئەم سێ پاشایەی بانگکردووە هەتا ڕادەستی مۆئابمان بکات.»

١٤ئەلیشەعیش گوتی: «بە یەزدانی زیندووی سوپاسالار، ئەوەی دەیپەرستم، ئەگەر ڕێزی یەهۆشافاتی پاشای یەهودا نەبووایە، نە ئاوڕم لێت دەدایەوە و نە سەیرم دەکردیت. ١٥بەڵام ئێستا مۆسیقاژەنێکم بۆ بهێنن.»

ئەوە بوو کە مۆسیقاژەنەکە مۆسیقاکەی ژەند، ڕۆحی یەزدان هاتە سەر ئەلیشەع، ١٦گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەم دۆڵە پڕ دەکەم لە گۆمی ئاو، ١٧چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: نە با دەبینن و نە باران، بەڵام ئەم دۆڵە پڕ دەبێت لە ئاو، خۆتان و مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانتان لێی دەخۆنەوە. ١٨ئەوەش لەلای یەزدان کارێکی ئاسانە، هەروەها مۆئابیش بە دەستتانەوە دەدات. ١٩ئێوەش هەموو شارێکی قەڵابەند و هەموو شارۆچکەیەکی سەرەکی سەرەوژێر دەکەن، هەموو دارێکی چاك دەبڕنەوە و هەموو کانیاوەکان کوێر دەکەنەوە، هەموو کێڵگەیەکی چاکیش بە بەرد تێکدەدەن.»

٢٠بەیانی لە کاتی قوربانی، لەناکاو لە ڕێگای ئەدۆمەوە ئاو هات و خاکەکە پڕ بوو لە ئاو.

٢١هەموو مۆئابیش بیستیان کە پاشاکان هاتوون لە دژیان بجەنگن، ئینجا هەموو ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەبوو، لە گەنجەوە هەتا پیر، بانگیان کردن و کۆیان کردنەوە، لەسەر سنوورەکە وەستان. ٢٢کە بەیانی زوو لە خەو هەستان، خۆر لەسەر ئاوەکە دەدرەوشایەوە، مۆئابییەکانیش لەو بەرەوە تەماشایان کرد ئاوەکە وەك خوێن سوورە. ٢٣گوتیان: «ئەمە خوێنە! پاشاکان لەنێو خۆیاندا بووەتە شەڕیان

[a] ٢ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ٢١:١٦-٢٢.

و یەکتریان کوشتووە، ئەی مۆئاب، ئێستاش با بەرەو تاڵانکردن بچین!»

[٢٤]بەڵام کاتێک مۆئابییەکان بۆ ئۆردوگای ئیسرائیل هاتن، ئیسرائیلییەکان لێیان هەستان و لە مۆئابییەکانیان دا، لەبەردەمیان هەڵاتن. ئیسرائیلییەکانیش خاکەکەیان داگیر کرد و مۆئابییەکانیان کوشت. [٢٥]ئینجا شارۆچکەکانیان ڕووخاند، هەریەکە بەردێکی فڕێدایە ناو هەر کێڵگەیەکی چاک هەتا ئەوەی پڕیان کردنەوە، هەموو کانیاوەکانیان کوێر کردەوە، هەموو دارێکی چاکیان بڕییەوە، بە تەنها بەردەکانی قیر حەراسەتیان هێشتەوە، قۆچەقانی[a] وەشێنەکان دەوریان گرت و لێیاندا.

[٢٦]کاتێک پاشای مۆئاب بینی کە جەنگەکە لەسەری توند بووە، حەوت سەد شمشێر بە دەستی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی ڕیزەکانی دوژمن بشکێنێت و بەرەو لای پاشای ئەدۆم بچێت، بەڵام شکستی هێنا. [٢٧]ئینجا کوڕە نۆبەرەکەی، ئەوەی لە جێی ئەو دەبوو بە پاشا، لەسەر شووری شارەکە کردییە قوربانی سووتاندن. ئەوە بووە تووڕەییەکی گەورە لە دژی ئیسرائیل، پاشەکشەیان لێی کرد و گەڕانەوە خاکی خۆیان.

## زەیتی بێوەژنەکە

٤ ژنی پیاوێک لە کۆمەڵی پێغەمبەران هاواری بۆ ئەلیشەع کرد و گوتی: «گەورەم، تۆ دەزانیت کە مێردەکەم لە یەزدان دەترسا، بەڵام بە قەرزاری مرد. بەڵام ئێستا خاوەن قەرزەکەی هاتووە هەتا دوو کوڕەکەم بۆ خۆی بکاتە کۆیلە.»

[٢]ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «چیت بۆ بکەم؟ پێم بڵێ لە ماڵەوە چیت هەیە؟»

ئەویش گوتی: «کەنیزەکەت لە ماڵەوە جگە لە گۆزەیەک زەیت هیچی دیکە شک نابات.»

[٣]ئەلیشەعیش گوتی: «بڕۆ لە دەرەوە لە هەموو دراوسێکانت داوای قاپوقاچاغ بکە. قاپوقاچاغێکی زۆر بهێنە نەک کەم. [٤]پاشان بڕۆ ژوورەوە و دەرگا لەسەر خۆت و کوڕەکانت دابخە، زەیت لەناو هەموو قاپەکان بکە، ئەوەی پڕبوو لەلایەک دایبنێ.»

[٥]ئەویش لەلای ڕۆیشت و دەرگاکەی لەسەر خۆی و کوڕەکانی داخست، ئەوان قاپەکانیان بۆی دەهێنایە پێشەوە و ئەویش تێی دەکردن. [٦]کاتێک قاپەکان پڕ بوون، بە کوڕەکەی گوت: «قاپێکی دیکەم بۆ بهێنە.»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «هیچ قاپێک نەماوە.» ئیتر زەیتەکە وەستا.

[٧]ژنەکە چوو و بە پیاوەکەی خودای ڕاگەیاند، ئەویش گوتی: «بڕۆ زەیتەکە بفرۆشە و قەرزەکەت بدەرەوە، ئەوەش کە دەمێنێتەوە خۆت و کوڕەکانت پێی بژین.»

## زیندووبوونەوەی کوڕی شونەمییەکە

[٨]ڕۆژێکیان ئەلیشەع چوو بۆ شونێم، لەوێ ژنێکی ناودار هەبوو، پێداگری کرد لەلای ئەو نان بخوات. ئیتر هەر کاتێک دەپەڕییەوە، دەچووە لای ئەو بۆ نانخواردن. [٩]ژنەکە بە مێردەکەی خۆی گوت: «من زانیومە ئەو پیاوەی کە هەمیشە بەلاماندا تێدەپەڕێت، پیاوێکی پیرۆزی خودایە. [١٠]با ژوورێکی بچووک لە سەربان دروستبکەین، تێیدا جێیەکی نوستن و مێز و کورسی و چرایەکی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتە لامان لەوێ بمێنێتەوە.»

[١١]ڕۆژێک ئەلیشەع هاتە ئەوێ، چووە ژوورەکەی سەرەوە و لەوێ پاڵکەوت. [١٢]ئینجا بە گێحەزیی خزمەتکاری گوت: «ئەو ژنە شونەمییەم بۆ بانگ بکە.» ئەویش بانگی کرد و ژنەکە لەبەردەم گێحەزی ڕاوەستا. [١٣]ئەلیشەع بە گێحەزیی گوت: «پێی بڵێ: ”ئەوەتا تۆ ئەو هەموو زەحمەتییەت بۆ ئێمە کێشاوە. چۆن چاکەت بدەمەوە؟ هیچت هەیە هەتا لەبارەیەوە قسە لەگەڵ پاشا یاخود سەرکردەی سوپادا بکرێت؟“»

ژنەکەش وەڵامی دایەوە: «من لەنێو کەسوکاری خۆمم و پێویستم بە هیچ نییە.»

[a] ٢٥ بەردەقانی.

١٤ئەلیشەعیش پرسی: «ئەی چی بۆ بکرێت؟»

گێحەزیش گوتی: «منداڵی نییە و مێردەکەشی پیرە.»

١٥ئینجا ئەلیشەع گوتی: «بانگی بکە.» ئەویش بانگی کرد و لە بەردەرگاکە ڕاوەستا. ١٦ئەلیشەع پێی گوت: «ساڵی داهاتوو لەم کاتە کوڕێك لە باوەش دەگریت.»

ژنەکە گوتی: «نەخێر گەورەم، ئەی پیاوی خودا، درۆ لەگەڵ کەنیزەکەت مەکە!»

١٧لەدوای ئەوە ژنەکە سکی پڕ بوو، کوڕێکی بوو، لە ساڵی داهاتوو لە هەمان ئەو کاتەی کە ئەلیشەع پێی گوتبوو.

١٨کوڕەکە گەورە بوو، ڕۆژێك کوڕەکە چووە دەرەوە بۆ لای باوکی، کە لەلای دروێنەکەرەکان بوو. ١٩بە باوکی گوت: «ئای سەرم! ئای سەرم!»

باوکیشی بە خزمەتکارەکەی گوت: «هەڵیبگرە و بیبە بۆ لای دایکی.» ٢٠خزمەتکارەکەش هەڵیگرت و بردییەوە لای دایکی. هەتا نیوەڕۆ لەسەر ئەژنۆی دایکی دانیشت، ئینجا مرد. ٢١ئەویش چووە سەرەوە لەسەر جێی نوستنەکەی پیاوەکەی خودا داینا، دەرگاکەی لەسەر داخست و هاتە دەرەوە.

٢٢ئینجا مێردەکەی بانگکرد و گوتی: «خزمەتکارێك و ماکەرێکم بۆ بنێرە، هەتا بە پەلە بچم بۆ لای پیاوەکەی خودا و بگەڕێمەوە.»

٢٣ئەویش پرسیاری کرد: «بۆچی ئەمڕۆ دەچیتە لای؟ خۆ ئەمڕۆ نە جەژنی سەرەمانگە و نە شەممەیە.»

ژنەکەش گوتی: «هیچ نییە.»

٢٤کورتانی لە ماکەرەکە بەست و بە خزمەتکارەکەی گوت: «لێخوڕە و خێرا بڕۆ، لەبەر من خاو مەکەرەوە هەتا خۆم پێت نەڵێم.» ٢٥ئینجا ڕۆیشت و لە کێوی کارمەل گەیشتە لای پیاوەکەی خودا.

کاتێك پیاوەکەی خودا لە دوورەوە بینی بە گێحەزی خزمەتکاری گوت: «تەماشا، ئەوە شونەمییەکەیە. ٢٦ئێستا بەرەوپیری ڕابکە و پرسیاری سەلامەتی خۆی و مێردەکەی و کوڕەکەی لێ بکە.»

ژنەکەش گوتی: «باشین.»

٢٧کاتێك ژنەکە لە چیاکە گەیشتە لای پیاوەکەی خودا، قاچەکانی گرت. گێحەزیش هاتە پێشەوە هەتا دووری بخاتەوە، بەڵام پیاوەکەی خودا گوتی: «لێیگەڕێ، چونکە زۆر دڵی تەنگە، یەزدان ئەو کارەی لێم شاردەوە و پێی ڕانەگەیاندم.»

٢٨ئینجا ژنەکە گوتی: «ئایا من داوای کوڕم لە گەورەم کرد؟ نەمگوت، ”هەڵممەخەڵەتێنە؟“»

٢٩ئەلیشەعیش بە گێحەزی گوت: «کەواکەت لە ناوقەدت ببەستە، گۆچانەکەم لەدەست بگرە و بە پەلە بڕۆ، ئەگەر چاوت بە یەکێك کەوت سڵاوی لێ مەکە، ئەگەر یەکێکیش سڵاوی لێکردیت، وەڵامی مەدەرەوە. گۆچانەکەم لەسەر دەموچاوی کوڕەکە دابنێ.»

٣٠بەڵام دایکی کوڕەکە گوتی: «بە یەزدانی زیندوو و بە گیانی تۆ، بەجێت ناهێڵم.» ئیتر هەستا و دوای کەوت.

٣١گێحەزی لەپێشیانەوە ڕۆیشت و گۆچانەکەی لەسەر دەموچاوی کوڕەکە دانا، بەڵام نە دەنگی هەبوو نە هەست. ئینجا گێحەزی گەڕایەوە بۆ لای ئەلیشەع و پێی ڕاگەیاند، گوتی: «کوڕەکە هەڵنەستایەوە.»

٣٢کاتێك ئەلیشەع چووە ناو ماڵەکە، بینی کوڕەکە لەسەر جێگاکەی مردووە. ٣٣جا چووە ژوورەوە و دەرگاکەی لەسەر خۆی و منداڵەکە داخست، لە یەزدان پاڕایەوە. ٣٤پاشان چووە سەر جێگاکە و لەسەر کوڕەکە پاڵکەوت، دەمی خستە سەر دەمی و چاوەکانی لەسەر چاوەکانی و دەستەکانی لەسەر دەستەکانی. کە لەسەری درێژ بوو، جەستەی کوڕەکە گەرم داهات. ٣٥ئینجا ئەلیشەع هەستا و لەناو ژوورەکە دەهات و دەچوو، چووەوە سەر جێگاکە و لەسەر کوڕەکە درێژبووەوە. کوڕەکە حەوت جار پژمی و چاوەکانی کردەوە.

٣٦ئەلیشەع گێحەزیی بانگکرد و گوتی: «ئەو

شونەمییە بانگ بکە.» ئەویش بانگی کرد، کاتێک هاتە ژوورەوە ئەلیشەع پێی گوت: «کوڕەکەت هەڵبگرە.» ٣٧هات و خۆی هاویشتە بەر پێی، کڕنۆشی برد. پاشان کوڕەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە.

## مەرگ لەناو مەنجەڵ!

٣٨ئەلیشەع گەڕایەوە گلگال، لەو ناوچەیە قاتوقڕی سەریهەڵدا. کاتێک کۆمەڵی پێغەمبەرەکان لەبەردەمی دانیشتبوون، بە خزمەتکارەکەی گوت: «مەنجەڵە گەورەکە بخە سەر ئاگر و خواردنێک بۆ کۆمەڵی پێغەمبەران ئامادە بکە.»

٣٩یەکێک چووە دەرەوە بۆ هێنانی گژوگیا لە کێڵگە، بڕکێکی گوژاڵکی بینی و پڕ بە دامێنی لێی ڕنی، هات پارچەپارچەی کرد و لەناو مەنجەڵەکەی کرد، کەسیشیان نەیزانی. ٤٠ئینجا بۆ پیاوەکانیان تێکرد هەتا بیخۆن. ئەوە بوو کە خواردنەکەیان خوارد، هاواریان کرد و گوتیان: «ئەی پیاوی خودا، مەنجەڵەکە مەرگی تێدایە!» ئیتر نەیانتوانی بیخۆن.

٤١ئەلیشەعیش گوتی: «هەندێک ئارد بهێنن.» لەناو مەنجەڵەکەی کرد و گوتی: «بۆ خەڵکەکە تێ بکە، با بیخۆن.» ئیتر مەنجەڵەکە هیچ شتێکی خراپی تێدا نەما.

## ناندانی سەد پیاو

٤٢پیاوێک لە بەعلشالیشاوە هات، بیست نانی جۆی یەکەمین بەرهەم و هەندێک گوڵەگەنمی نوێی لەناو توورەکەیەکدا بۆ پیاوی خودا هێنا. ئەلیشەعیش گوتی: «بیدە بە خەڵکەکە با بیخۆن.»

٤٣خزمەتکارەکەی لێی پرسی: «چۆن ئەمە لەبەردەم سەد پیاو دابنێم؟»

بەڵام ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «بیدە بە خەڵکەکە با بیخۆن، چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”دەخۆن و لەبەریشیان دەمێنێتەوە.“» ٤٤ئینجا لەبەردەمیان دانا و خواردیان، لەبەریشیان مایەوە، هەروەک یەزدان فەرمووی.

## چاککردنەوەی نەعمان لە نەخۆشی گولی

٥ نەعمانی سەرکردەی سوپای پاشای ئارام پیاوێکی مەزن بوو لەلای گەورەکەی و سەر بڵند بوو، لەبەر ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی ئەوەوە ڕزگاریی بە ئارام بەخشی. ئەم پیاوە پاڵەوانێکی بەهێز بوو، بەڵام گەڕوگول[a] بوو.

٢چەند چەتەیەک لە ئارامییەکان بۆ تاڵان چووبوون و لە خاکی ئیسرائیلەوە کچێکی هەرزەکاریان لەگەڵ خۆیان هێنابووەوە، خزمەتی ژنەکەی نەعمانی دەکرد. ٣کچە بە خانمەکەی گوت: «خۆزگە گەورەم پێغەمبەرەکەی سامیرەی دەبینی! چونکە ئەو لە گولییەکەی چاکی دەکردەوە.»

٤نەعمان چوو بۆ لای گەورەکەی و قسەکەی کچە ئیسرائیلییەکەی پێ ڕاگەیاند. ٥پاشای ئارامیش گوتی: «کەواتە بڕۆ، منیش نامەیەک بۆ پاشای ئیسرائیل دەنێرم.» ئینجا نەعمان ڕۆیشت، لەگەڵ دەستی دە تالنت[b] زیو و شەش هەزار شاقل[c] زێڕ و دە قات جلی برد. ٦نامەکەی بۆ پاشای ئیسرائیل هێنا، تێیدا نووسرابوو: «لەگەڵ ئەو نامەیە نەعمانی خزمەتکارم دەنێرمە لات، لە گولییەکەی چاکی بکەرەوە.»

٧هەر کە پاشای ئیسرائیل نامەکەی خوێندەوە، جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی و گوتی: «ئایا من خودام هەتا بمرێنم و زیندوو بکەمەوە؟ بۆچی ئەمە پیاوێکی بۆ ناردووم هەتا لە گولییەکەی چاکی بکەمەوە؟ بزانن و سەیر بکەن چۆن شەڕم پێ دەفرۆشێت!»

٨کاتێک ئەلیشەعی پیاوی خودا بیستییەوە پاشای ئیسرائیل جلەکانی لەبەر خۆیدا دادڕیوە، ناردی بۆ لای پاشا و گوتی: «بۆچی جلەکانت لەبەر خۆتدا دادڕیوە؟ با بێتە لای من و بزانێت کە پێغەمبەرێک لە ئیسرائیل هەیە.» ٩ئینجا نەعمان بە ئەسپ و گالیسکەکانییەوە هات و لە بەردەرگای ماڵی

[a] ١ گەڕوگول: نەک تەنها گولی، بەڵام ئەم وشەیە بۆ چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست بەکاردەهێنرا.
[b] ٥ دە تالنت: نزیکەی ٣٤٠ کیلۆگرام.
[c] ٥ شەش هەزار شاقل: نزیکەی ٧٠ کیلۆگرام.

ئەلیشەع وەستا. ١٠ئەلیشەعیش نێردراوێکی نارده لای
و گوتی: «برۆ لە ڕووباری ئوردون حەوت جار خۆت
بشۆ، گۆشتەکەت چاك دەبێتەوە و پاك دەبیتەوە.»
١١بەڵام نەعمان بە تووڕەییەوە ڕۆیشت و گوتی:
«وام دانا کە دێتە دەرەوە بۆ لام و ڕادەوەستێت،
بە ناوی یەزدانی خوداکەیەوە دەپاڕێتەوە و دەستی
بەسەر شوێنەکەدا دەهێنێت و گەڕوگولییەکە چاك
دەبێتەوە. ١٢ئایا ئەڤانا و پەرپەڕ، دوو ڕووبارەکەی
دیمەشق، لە هەموو ئاوەکانی ئیسرائیل چاکتر نین؟
ئایا نەمدەتوانی خۆمیان تێدا بشۆم و پاك ببمەوە؟»
لەبەر ئەوە گەڕایەوە و بە تووڕەییەوە ڕۆیشت.
١٣خزمەتکارەکانی نەعمان هاتنە پێشەوە و پێیان
گوت: «ئەی باوکمان، ئایا ئەگەر پێغەمبەرەکە
شتێکی گەورەی پێت بگوتایە، نەتدەکرد؟ بەڵام چەند
ئاسانترە کە گوتی: ”خۆت بشۆ و پاك ببەوە!“» ١٤ئیتر
چووە خوارەوە و بەپێی قسەی پیاوەکەی خودا،
حەوت جار خۆی لە ڕووباری ئوردون نوقوم کرد،
گۆشتەکەی گەڕایەوە وەك گۆشتی کوڕێکی گەنج و
پاك بووەوە.
١٥ئینجا نەعمان لەگەڵ هەموو لەشکرەکەی
گەڕایەوە بۆ لای پیاوەکەی خودا. لەبەردەمی ڕاوەستا
و گوتی: «ئێستا دەزانم کە لە هەموو جیهان هیچ
خودایەك نییە بێجگە لە خودای ئیسرائیل. ئێستاش
ئەم دیارییە لە خزمەتکارەکەت وەربگرە.»
١٦پێغەمبەرەکە وەڵامی دایەوە: «بە یەزدانی
زیندوو، ئەوەی دەیپەرستم، وەرینناگرم.» ئینجا زۆری
لێکرد هەتا وەریبگرێت، بەڵام ڕازی نەبوو.
١٧نەعمان گوتی: «ئەگەر وەرینناگریت، کەواتە
ڕێم پێبدە باری دوو هێستر خۆڵ لەگەڵ خۆم ببەم،
لەبەر ئەوەی خزمەتکارەکەت جارێکی دیکە قوربانی
سووتاندن و سەربڕاو بۆ هیچ خودایەکی دیکە
بێجگە لە یەزدان ناکات. ١٨بەڵام با لە شتێك یەزدان
لە خزمەتکارەکەت خۆشبێت: کاتێك گەورەکەم
دەچێتە پەرستگای ڕیمۆن بۆ ئەوەی کڕنۆش ببات،
پشت بە من دەبەستێت، دەبێ منیش لەگەڵ ئەو
کڕنۆش ببەم، با یەزدان لەو شتەی خزمەتکارەکەت
خۆشبێت.»
١٩ئەلیشەعیش گوتی: «بەخێر بچیت.»
دوای ئەوەی نەعمان ڕۆیشت و کەمێك لێی
دوورکەوتەوە، ٢٠گێحەزیی خزمەتکاری ئەلیشەعی
پیاوی خودا گوتی: «گەورەم ڕازی نەبوو ئەو شتە لە
نەعمانی ئارامی وەربگرێت کە هێنا بووی، بەڵام بە
یەزدانی زیندوو من بەدوایدا ڕادەکەم و شتێکی لێ
وەردەگرم.»
٢١ئیتر گێحەزی دوای نەعمان کەوت، کاتێك
نەعمان بینی بەدوایدا ڕادەکات، لە گالیسکەکە
دابەزی بەرەوپیری چوو، گوتی: «ها خێرە؟»
٢٢گێحەزیش گوتی: «خێرە، گەورەم منی
ناردووە بۆ ئەوەی پێت بڵێم: ”دوو گەنج لە
کۆمەڵی پێغەمبەرانەوە هاتوونەتە لام، لە ناوچە
شاخاوییەکانی ئەفرایمەوە. تالنتێك[a] زیو و دوو
دەستە جلیان پێبدە.“»
٢٣نەعمانیش گوتی: «فەرموو دوو تالنت زیو ببە.»
زۆری لە گێحەزی کرد و دوو تالنت زیو لە دوو
توورەکە لەگەڵ دوو قات جلی دایە دەست دوو
خزمەتکاری خۆی، هەڵیانگرت و لەپێش گێحەزییەوە
ڕۆیشتن. ٢٤کە گەیشتنە گردەکە، گێحەزی شتەکانی
لێ وەرگرتن و خستییە ماڵەوە، خزمەتکارەکانی
بەڕێکرد و گەڕانەوە.
٢٥کاتێك گێحەزی هات و لەبەردەم گەورەکەی
ڕاوەستا، ئەلیشەعی لێی پرسی: «ئەی گێحەزی،
لەکوێ بوویت؟»
ئەویش وەڵامی دایەوە: «خزمەتکارەکەت بۆ هیچ
جێگایەك نەچووە.»
٢٦بەڵام ئەلیشەع پێی گوت: «ئایا ڕۆحم لەگەڵتدا
نەبوو کاتێك پیاوەکە لە گالیسکەکە دابەزی بۆ
ئەوەی بەرەوپیرت بێت؟ ئێستا کاتی وەرگرتنی زیو
و جلوبەرگە؟ یان وەرگرتنی باخی زەیتوون و ڕەز و
مەڕ و مانگا و کۆیلە و کەنیزەیە؟ ٢٧گەڕوگولییەکەی
نەعمان هەتاهەتایە بە خۆت و نەوەکانتەوە

[a] ٢٢ تالنتێك: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام.

دەنووسێت و لە کۆڵتان نابێتەوە.» ئیتر گێحەزی بە گەڕوگولی لەبەردەم ئەلیشەع چووە دەرەوە، وەك بەفر سپی بوو.

## سەرئاوخستنی تەورێك

٦ ئەندامانی کۆمەڵی پێغەمبەران بە ئەلیشەعیان گوت: «ببینە، ئەو شوێنەی تێیدا لەگەڵ تۆ کۆبووینەتەوە بۆ ئێمە تەنگە. [٢] ڕێبدە با بچینە ڕووباری ئوردون، با هەریەکە و کاریتەیەك بهێنین. هەروەها با شوێنێك دروستبکەین تێیدا کۆببینەوە.»

ئەویش گوتی: «بڕۆن.»

[٣] یەکێکیان گوتی: «ڕازی بە و لەگەڵ خزمەتکارەکانت وەرە.» ئەلیشەعیش گوتی: «دێم.» [٤] ئینجا لەگەڵیان ڕۆیشت.

گەیشتنە ڕووباری ئوردون دەستیان بە داربڕینەوە کرد. [٥] ئەوە بوو کاتێك یەکێکیان کاریتەی دەبڕییەوە، سەری تەورەکەی کەوتە ناو ئاوەکە، هاواری کرد: «ئای گەورەم، ئەوە ئەمانەتە!»

[٦] پیاوەکەی خوداش گوتی: «کەوتە کوێ؟» ئەویش شوێنەکەی پیشان دا، ئەلیشەع چڵە دارێکی لێکردەوە و فڕێیدایە ئەوێ، سەری تەورەکەی سەر ئاو خست. [٧] ئینجا گوتی: «هەڵیگرەوە.» ئەویش دەستی درێژکرد و هەڵیگرتەوە.

## کوێرکردنی لەشکری پاشای ئارام

[٨] پاشای ئارام لە دژی ئیسرائیل دەجەنگا. دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەفسەرەکانی، شوێنی ئۆردوگاکەی دیاری کرد.

[٩] ئینجا پیاوەکەی خودا ناردی بۆ لای پاشای ئیسرائیل و گوتی: «ئاگات لە خۆت بێت و لەو شوێنەوە نەپەڕیتەوە، چونکە ئارامییەکان لەوێ دابەزیون.» [١٠] پاشای ئیسرائیلیش ناردی بۆ پشکنینی ئەو شوێنەی کە پیاوەکەی خودا لێی ئاگاداری کردەوە. هۆشدارییەکانی ئەلیشەع بۆ پاشا بەردەوام بوون، ئیتر پاشا لەو شوێنانە بە وریاییەوە دەجوڵایەوە.

[١١] پاشای ئارام لەمە هەڵچوو، ئەفسەرەکانی بانگکرد و لێی پرسین: «پێم بڵێن! کێ لە ئێمە لەگەڵ پاشای ئیسرائیلە؟»

[١٢] یەکێك لە ئەفسەرەکانی وەڵامی دایەوە: «کەسمان پاشای گەورەم، بەڵکو ئەلیشەع، ئەو پێغەمبەرەی کە لە ئیسرائیلە، ئەوە کە تەنانەت ئەو قسانەش کە لە ژووری نوستنەکەشت دەیکەیت پاشای ئیسرائیلی لێ ئاگادار دەکاتەوە.»

[١٣] ئەویش گوتی: «بڕۆن و بزانن لەکوێیە، هەتا بنێرم و بیگرن.» ئینجا هەواڵیان نارد: «ئەو لە دوسانە.» [١٤] پاشا ئەسپ و گالیسکە و لەشکرێکی گەورەی بۆ ئەوێ نارد. بە شەو هاتن و شارەکەیان گەمارۆ دا.

[١٥] بەیانی زوو کاتێك خزمەتکاری پیاوەکەی خودا لە خەو هەستا و چووە دەرەوە، بینی سوپایەك بە ئەسپ و گالیسکەوە شارەکەیان گەمارۆ داوە. خزمەتکارەکەی لە ئەلیشەعی پرسی: «ئای گەورەم، چی بکەین؟» [١٦] ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «مەترسە، چونکە ئەوانەی لەگەڵ ئێمەن زۆرترن لەوانەی لەگەڵ ئەوانن.»

[١٧] ئینجا ئەلیشەع نزای کرد و گوتی: «ئەی یەزدان، چاوی بکەرەوە با ببینێت.» یەزدانیش چاوی خزمەتکارەکەی کردەوە و بینی وا چیاکە پڕە لە ئەسپ و گالیسکەی ئاگرین لە چواردەوری ئەلیشەع.

[١٨] کاتێك دوژمن بەرەو لای هاتنە پێش، ئەلیشەع لە یەزدان پاڕایەوە و گوتی: «لەو گەلانە بدە و کوێریان بکە.» هەروەك چۆن ئەلیشەع پاڕایەوە، ئەویش لێیدان و کوێری کردن.

[١٩] ئەلیشەع پێی گوتن: «نە ئەمە ڕێگاکەیە و نە ئەمەش شارەکەیە. بەدوام بکەون، دەتانبەمە لای ئەو پیاوەی بەدوایدا دەگەڕێن.» ئیتر هەموویانی بردە سامیرە.

[٢٠] لەدوای ئەوەی چوونە ناو سامیرە، ئەلیشەع گوتی: «ئەی یەزدان، چاوی ئەمانە بکەرەوە با

ببینن.» یەزدانیش چاوی کردنەوە و بینییان وا لەناو سامیرەن.

٢١ کاتێک پاشای ئیسرائیل ئەوانی بینی، بە ئەلیشەعی گوت: «باوکە، ئایا بیانکوژم؟ ئایا بیانکوژم؟»

٢٢ ئەویش گوتی: «مەیانکوژە. ئەگەر تۆ ئەوانە ناکوژیت کە بە شمشێر و کەوانەکەت بە دیلت گرتوون، ئیتر چۆن ئەمانە دەکوژیت؟ نان و ئاویان لەپێش دابنێ، با بخۆن و بخۆنەوە، ئینجا بچنەوە لای گەورەکەیان.» ٢٣ ئەویش خوانێکی گەورەی بۆ ئامادەکردن، خواردیان و خواردیانەوە، بەڕێی کردن و گەڕانەوە لای گەورەکەیان. ئیتر چەتەکانی ئارام وازیان لە هێرشکردنە سەر خاکی ئیسرائیل هێنا.

## برسییتی لە کاتی گەمارۆی سامیرە

٢٤ پاش ماوەیەک، بەن‌هەدەدی پاشای ئارام هەموو سوپاکەی کۆکردەوە و جوڵاندی و سامیرەی گەمارۆ دا. ٢٥ لە شارەکە بووە هۆی قاتوقڕییەکی گەورە، گەمارۆکە درێژەی کێشا هەتا وای لێهات سەری کەرێک بە هەشتا شاقل زیو[a] و چارەکە قاپێکی[b] ڕیقنەی[c] کۆتریش بە پێنج شاقل زیو[d] دەفرۆشرا.

٢٦ کاتێک پاشای ئیسرائیل لەسەر شووراکە تێدەپەڕی، ژنێک هاواری لێکرد و گوتی: «ئەی پاشای گەورەم، یارمەتیم بدە!»

٢٧ ئەویش وەڵامی دایەوە: «ئەگەر یەزدان یارمەتیت نەدات، من بە چی یارمەتیت بدەم؟ بە جۆخینەکە[e] یان بە مەی گوشەرەکە؟» ٢٨ ئینجا پاشا لێی پرسی: «چیتە؟»

ئەویش گوتی: «ئەم ژنە پێی گوتم: ”کوڕەکەت بهێنە با ئەمڕۆ بیخۆین و سبەینێش کوڕەکەی من دەخۆین.“ ٢٩ ئیتر کوڕەکەی منمان لێنا و خواردمان، بۆ ڕۆژی دواتر کە پێم گوت: ”کوڕەکەت بهێنە با بیخۆین،“ بەڵام کوڕەکەی خۆی شاردەوە.»

٣٠ کاتێک پاشا گوێی لە قسەکانی ئەم ژنە بوو، جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی. کە بەسەر شووراکە تێدەپەڕی، خەڵک بینییان وا لە ژێرەوە بەرگی لە گوش[f] دروستکراوی لەبەرە. ٣١ پاشا گوتی: «با خودا توندترین سزام بدات، ئەگەر ئەمڕۆ سەری ئەلیشەعی کوڕی شافات نەپەڕێنم!»

٣٢ لەو کاتەدا ئەلیشەع لە ماڵەکەی خۆی دانیشتبوو، ڕیش سپییەکانیش لەلای دانیشتبوون. پاشا نێردراوێکی پێش خۆی نارده لای، بەڵام بەر لەوەی نێردراوەکە بگاتە لای، ئەلیشەع بە پیرەکانی گوت: «بینیتان چۆن ئەو پیاوکوژە کەسێکی ناردووە هەتا سەرم بپەڕێنێت؟ ببینن، کاتێک پیاوەکە گەیشت، دەرگاکە دابخەن و نەهێڵن دەرگاکە بکاتەوە. من دڵنیام پاشا خۆی لەدوای ئەوەوە دێت.»

٣٣ هێشتا قسەی لەگەڵ دەکردن نێردراوەکە گەیشتە لای، لەدوای ئەویش پاشا گەیشت. پێی گوتن: «ئەو بەڵایە لەلایەن یەزدانەوەیە. ئیتر بۆچی زیاتر چاوەڕێی یەزدان بکەم؟»

٧ ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن. یەزدان ئەمە دەفەرموێت: سبەینێ لەم کاتە، لە دەروازەی سامیرە پێوانەیەک[g] لە باشترین ئارد بە شاقڵێک و دوو پێوانە[h] جۆ بە شاقڵێک دەبێت.»

٢ ئەفسەرێک کە گەورە یاوەری پاشا بوو، بە پیاوەکەی خودای گوت: «هەتا ئەگەر یەزدان دەرگاکانی ئاسمانیش بکاتەوە، ئایا شتی وا ڕوودەدات؟»

---

[a] ٢٥ نزیکەی کیلۆگرامێک.

[b] ٢٥ چارەکە قاپێک: نزیکەی ٠,٣ لیتر.

[c] ٢٥ جیقنە

[d] ٢٥ نزیکەی ٥٥ گرام.

[e] ٢٧ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[f] ٣٠ ڕیشاڵێکی ڕووەکییە کە لەو سەردەمە بەرگی ماتەمی لێ دروستدەکرا.

[g] ١ پێوانەیەک: عیبری: سەئا، نزیکەی ٧,٣ لیتر.

[h] ١ دوو پێوانە: عیبری: دوو سەئا، نزیکەی پازدە لیتر.

ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «تۆ بە چاوی خۆت
دەیبینیت، بەڵام لێی ناخۆیت.»

## هەڵگرتنی گەمارۆی سامیرە

٣چوار پیاوی گەڕوگول[a] لە دەروازەی شارەکە
بوون، بە یەکتریان گوت: «بۆ لێرە بمێنینەوە هەتا
دەمرین؟ ٤ئەگەر بڵێین: ”با بچینە ناو شارەکەوە،“
لە شارەکە قاتوقڕی هەیە و لەوێ دەمرین. ئەگەر
لێرەش دانیشین، هەر دەمرین. ئێستا با بچینە
ئۆردوگای ئارامییەکان و خۆمان ڕادەست بکەین،
ئەگەر لێمان خۆشبوون ئەوا دەژین، ئەگەر
بشمانکوژن ئەوا هەر دەمرین.»
٥لە زەردەپەڕی ئێوارە هەستان بۆ ئەوەی بچنە
ئۆردوگای ئارامییەکان. هاتن هەتا گەیشتنە قەراغ
ئۆردوگای ئارامییەکان، کەسی لێ نەبوو، ٦چونکە
پەروەردگار وای کرد کە ئۆردوگای ئارامییەکان دەنگی
گالیسکە و ئەسپ و سوپایەکی گەورەی ببیستن،
ئیتر بە یەکتریان گوتبوو: «ئەوەتا پاشای ئیسرائیل
پاشاکانی حیتی و میسرییەکانی لە دژی ئێمە بەکرێ
گرتووە هەتا لەگەڵمان بجەنگن!» ٧لەبەر ئەوە
هەستان و لە زەردەپەڕی ئێوارە هەڵاتن، وازیان لە
چادر و ئەسپ و گوێدرێژەکانیان هێنا. ئۆردوگاکەیان
وەك خۆی بەجێهێشت و بۆ دەربازکردنی ژیانی
خۆیان هەڵاتن.
٨ئەو گەڕوگولانە هەتا قەراغی ئۆردوگاکە هاتن،
چوونە ناو چادرێك و خواردیان و خواردیانەوە.
زێڕ و زیو و جلوبەرگیان برد و چوون شاردییانەوە.
پاشان گەڕانەوە و چوونە ناو چادرێکی دیکە، لەوێش
بردیان و چوون و شاردییانەوە.
٩ئینجا بە یەکترییان گوت: «ئەوەی ئێمە دەیکەین
ڕاست نییە. ئەمڕۆ ڕۆژی مژدەیە و ئێمەش لێی
بێدەنگین. ئەگەر هەتا بەرەبەیان چاوەڕێ بکەین
تووشی سزا دەبین. وەرن با ئێستا بچین و بە کۆشکی
پاشای ڕابگەیەنین.»
١٠ئیتر هاتن و دەرگاوانی شارەکەیان بانگکرد و
پێیان گوت: «ئێمە چووینە ناو ئۆردوگای ئارامییەکان،
کەس لەوێ نەبوو، دەنگی کەسیش نەدەبیسترا،
تەنها ئەسپ و گوێدرێژ بەستراونەتەوە، چادرەکانیش
هەروەك خۆیان لەوێن.» ١١دەرگاوانەکان جاڕیان دا،
هەواڵەکەشیان بە کۆشکی پاشا ڕاگەیاند.
١٢پاشا شەو هەستا و بە ئەفسەرەکانی گوت: «من
پێتان دەڵێم ئارامییەکان چییان لێکردووین. دەزانن
ئێمە برسیمانە، لە ئۆردوگاکە چوونەتە دەرەوە
و لە دەشتاییەکان خۆیان مەڵاس داوە، وا بیریان
کردووەتەوە: ”بێگومان لە شارەکە دێنە دەرەوە، بە
زیندوویی دەیانگرین و دەچینە ناو شارەکە.“»
١٣یەکێك لە ئەفسەرەکانی وەڵامی دایەوە:
«کەواتە، با هەندێك پیاو پێنج ئەسپ ببەن لەوانەی
کە لە شارەکە ماوەتەوە. چارەنووسیان لە نەوەی
ئیسرائیل خراپتر نابێت کە خەریکە لەناو شار
دەمرن. با بیاننێرین تاکو بزانین چی ڕوویداوە.»
١٤ئیتر دوو گالیسکەیان بە ئەسپەوە دەستنیشان
کرد، پاشا ئەوانی نارد بۆ ئەوەی شوێنی سوپای
ئارام بکەون، گوتی: «بڕۆن و بزانن چی ڕوویداوە.»
١٥ئەوانیش بەدوایاندا بەرەو ڕووباری ئوردون چوون،
بینییان هەموو ڕێگاکە پڕە لە جلوبەرگ و قاپوقاچاغ،
ئەوەی ئارامییەکان لە پەلەپەلیان فڕێیان داوە.
نێردراوەکان گەڕانەوە و بە پاشایان ڕاگەیاند. ١٦پاشان
گەل چوونە دەرەوە و ئۆردوگای ئارامییەکانیان تاڵان
کرد، پێوانەیەك لە باشترین ئارد بووە شاقلێك و دوو
پێوانە جۆ بووە شاقلێك، هەروەك یەزدان فەرمووی.
١٧ئەو ئەفسەرەی کە گەورە یاوەری پاشا بوو،
پاشا لەسەر دەروازەکەی دانا، گەلیش لە دەروازەکە
پێشێلیان کرد و مرد، هەروەك پیاوەکەی خودا پێی
گوت کاتێك پاشا چووە ماڵی. ١٨ئەوە ڕوویدا کە
پیاوەکەی خودا بە پاشای گوت: «سبەینێ ئەم کاتە
لە دەروازەی سامیرە دوو پێوانە جۆ بە شاقلێك و
پێوانەیەك باشترین ئاردیش بە شاقلێك دەبێت.»
١٩ئەفسەرەکەش بە پیاوەکەی خودای گوت:
«هەتا ئەگەر یەزدان دەرگاکانی ئاسمانیش بکاتەوە،

[a] ٣ گەڕوگول: وشەی عیبری بۆ چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست بەکاردەهێنرا، مەرج نییە تەنها بۆ گەڕوگولی بێت.

ئایا شتی وا ڕوودەدات؟» پیاوی خوداش گوتبووی: «تۆ بە چاوی خۆت دەیبینیت، بەڵام لێی ناخۆیت.» ٢٠ئیتر ڕێک وای بەسەرهات، گەل لە دەروازەکە پێشێلیان کرد و مرد.

## گەڕاندنەوەی کێڵگەکەی شونەمییەکە

٨ ئەلیشەع بەو ژنەی گوتبوو کە کوڕەکەی بۆ زیندوو کردبووەوە: «لەگەڵ خێزانەکەتان بڕۆن و لە هەرکوێیەک دەتوانن ماوەیەک بمێننەوە، چونکە یەزدان ڕایگەیاندووە قاتوقڕی بێتە سەر ئەم خاکە، حەوت ساڵ درێژە دەکێشێت.» ٢ژنەکەش گوێڕایەڵی قسەی پیاوەکەی خودا بوو. خۆی و خێزانەکەی ڕۆیشتن و حەوت ساڵ لە خاکی فەلەستییەکان مانەوە.

٣لە کۆتایی حەوت ساڵەکە ژنەکە لە خاکی فەلەستییەکان گەڕایەوە، هانای بۆ پاشا برد بۆ بەدەستهێنانەوەی ماڵ و کێڵگەکەی. ٤پاشاش قسەی لەگەڵ گێحەزی خزمەتکاری پیاوەکەی خودا دەکرد، پێی دەگوت: «باسی هەموو ئەو کارە گەورانەم بۆ بکە کە ئەلیشەع ئەنجامی دا.» ٥لەو کاتەی گێحەزی باسی ئەوەی بۆ پاشا دەکرد کە چۆن ئەلیشەع مردووی زیندوو کردووەتەوە، ئەو ژنەی کە ئەلیشەع کوڕەکەی بۆ زیندوو کردبووەوە لەبەر ماڵەکەی و کێڵگەکەی هاواری بۆ پاشا هێنا.

گێحەزیش گوتی: «پاشای گەورەم، ئەوە ژنەکەیە، ئەوەش کوڕەکەیەتی کە ئەلیشەع زیندووی کردەوە.» ٦پاشاش دەربارەی ئەوە لە ژنەکەی پرسی، ئەویش ئەوەی بۆ گێڕایەوە.

ئینجا پاشا کاربەدەستێکی لەگەڵ نارد و گوتی: «هەموو ئەوەی هی ئەوە بۆی بگەڕێنەوە، لەگەڵ داهاتی کێڵگەکەی لەو ڕۆژەوەی کە زەوییەکەی بەجێهێشتووە هەتا ئێستا.»

## کوشتنی حەزائێل لەلایەن بەنهەدەدەوە

٧ئەلیشەع هاتە دیمەشق، بەنهەدەدی پاشای ئارامیش نەخۆش بوو، کاتێک پێی ڕاگەیەنرا «پیاوەکەی خودا هاتووەتە ئێرە.» ٨پاشا بە حەزائێلی گوت: «دیارییەک لەگەڵ دەستت ببە و بەرەوپیری پیاوەکەی خودا بڕۆ، لە ڕێگەی ئەوەوە پرسیار لە یەزدان بکە، بزانە ئایا لەم نەخۆشییەم چاک دەبمەوە؟»

٩حەزائێلیش لەگەڵ خۆی باری چل وشتری لە هەموو بەروبوومە باشەکانی دیمەشق بە دیاری برد و چووە پێشوازی ئەلیشەع. چوو لەبەردەمی ڕاوەستا، گوتی: «کوڕەکەت، بەنهەدەدی پاشای ئارام، منی بۆ لای تۆ ناردووە و دەڵێت: ”ئایا لەم نەخۆشییەم چاک دەبمەوە؟“»

١٠ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «بڕۆ و پێی بڵێ: ”بە دڵنیاییەوە چاک دەبیتەوە.“ بەڵام یەزدان پیشانی داوم کە دەمرێت!» ١١چاوی تێبڕی هەتا حەزائێل شەرم دایگرت، ئینجا پیاوەکەی خودا دەستی بە گریان کرد.

١٢حەزائێل پرسیاری کرد: «گەورەم بۆچی دەگرییت؟»

ئەلیشەع وەڵامی دایەوە: «چونکە زانیم چ خراپەیەک بەسەر نەوەی ئیسرائیلدا دەهێنیت. ئاگر لە قەڵاکانیان بەردەدەیت، گەنجەکانیان بە شمشێر دەکوژیت، منداڵەکانیان وردوخاش دەکەیت، ورگی سکپڕەکانشیان دەدڕێنیت.»

١٣حەزائێلیش گوتی: «گەورەم، سەگێکی وەک من چۆن دەتوانێ کاری وا گەورە بکات؟»

ئەلیشەعیش وەڵامی دایەوە: «یەزدان پیشانی دام کە تۆ دەبیتە پاشای ئارام.»

١٤پاشان حەزائێل لەلای ئەلیشەع ڕۆیشت و گەڕایەوە لای گەورەکەی. کاتێک بەنهەدەد لێی پرسی: «ئەلیشەع چی پێ گوتی؟» حەزائێل وەڵامی دایەوە: «پێی گوتم، بە دڵنیاییەوە چاک دەبیتەوە.» ١٥بەڵام لە ڕۆژی پاشتر، جاجمەکەی برد و لە ئاوی هەڵکێشا، بەسەر دەموچاوی پاشای دادا، پاشا مرد. ئیتر حەزائێل لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆرام لە یەهودا

[16]لە ساڵی پێنجەمی یۆرامی کوڕی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافاتی پاشای یەهودا، یەهۆرامی کوڕی یەهۆشافات بوو بە پاشای یەهودا. [17]تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو کاتێک بوو بە پاشا، هەشت ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [18]هەمان ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیل و بنەماڵەی ئەحاڤی گرتەبەر، چونکە کچەکەی ئەحاڤ ژنی بوو. لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد. [19]لەگەڵ ئەوەش، یەزدان نەیدەویست یەهودا لەناوببات، لەبەر داودی بەندەی خۆی. لەبەر ئەوەی بەڵێنی بە داود دابوو کە بۆ هەتاهەتایە چرایەک دەداتە خۆی و نەوەکانی.

[20]لە سەردەمی پاشایەتی یەهۆرام، ئەدۆم لە یەهودا یاخی بوو، پاشایەکیان بۆ خۆیان دانا. [21]ئیتر یەهۆرام بە هەموو گالیسکەکانییەوە پەڕییەوە چاعیر. لەوێ ئەدۆمییەکان ئابڵوقەیان دان، بەڵام شەو خۆی و سەرکردەی گالیسکەکانی هەستان و ئابڵوقەکەیان شکاند و دەرباز بوون، لەشکرەکەش هەڵاتن و گەڕانەوە چادرەکانیان. [22]هەتا ئێستاش ئەدۆم لە یەهودا یاخییە. هەر لەو کاتەدا لیڤناش یاخی بوو.

[23]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆرام و هەموو کارەکانی کە کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

[24]یەهۆرام لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، لە شاری داود لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا. ئیتر ئەحەزیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئەحەزیا

[25]لە ساڵی دوازدەیەمینی یۆرامی کوڕی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل، ئەحەزیای کوڕی یەهۆرام بوو بە پاشای یەهودا. [26]ئەحەزیا گەنجێکی بیست و دوو ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یەک ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکی ناوی عەتەلیای کچەزای عۆمری پاشای ئیسرائیل بوو. [27]هەمان ڕێچکەی بنەماڵەی ئەحاڤی گرتەبەر، هەروەک بنەماڵەی ئەحاڤ لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، چونکە زاوای ماڵی ئەحاڤ بوو.

[28]ئەحەزیا لەگەڵ یۆرامی کوڕی ئەحاڤ چووە جەنگ لە دژی حەزائێلی پاشای ئارام لە ڕامۆتی گلعاد، ئارامییەکان یۆرامیان پێکا. [29]ئیتر یۆرام پاشا گەڕایەوە هەتا لە یەزرەعیل لەو برینانەی چاک بێتەوە کە ئارامییەکان لە ڕامۆت لە کاتی شەڕکردنی لە دژی حەزائێلی پاشای ئارام پێکابوویان.

لەدوای ئەوە ئەحەزیای کوڕی یەهۆرامی پاشای یەهوداش چوو بۆ یەزرەعیل هەتا چاوی بە یۆرامی کوڕی ئەحاڤ بکەوێت، چونکە نەخۆش بوو.

## دەستنیشانکردنی یێهو وەک پاشای ئیسرائیل

٩ ئەلیشەع پێغەمبەر ئەندامێکی لە کۆمەڵی پێغەمبەرەکان بانگکرد و پێی گوت: «کەواکەت لە ناوقەدت ببەستە و گۆزەیەک زەیت لەگەڵ دەستت هەڵبگرە و بڕۆ ڕامۆتی گلعاد. [2]کە گەیشتییە ئەوێ بەدوای یێهوی کوڕی یەهۆشافاتی کوڕی نیمشیدا بگەڕێ، لەنێو براکانی هەڵیبستێنە و بە تەنها لە ژوورەکەوە ببە بۆ ژوورێکی دیکە. [3]پاشان گۆزە زەیتەکە بگرە و بەسەر سەریدا بکە و بڵێ، یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”وەک پاشای ئیسرائیل دەستنیشانم کردیت.“ ئینجا دەرگاکە بکەرەوە و هەڵێ و چاوەڕێ مەکە!»

[4]ئیتر خزمەتکارەکە، واتە خزمەتکاری پێغەمبەرەکە چوو بۆ ڕامۆتی گلعاد. [5]کاتێک گەیشت، بینی وا ئەفسەرەکانی سوپا پێکەوە دانیشتوون. گوتی: «ئەی سەرکردە، قسەیەکم بۆ تۆ پێیە.»

یێهو لێی پرسی: «بۆ کاممان؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «بۆ تۆ، ئەی سەرکردە.»

[6]یێهو هەستا و چووە ماڵەکە. پێغەمبەرەکە زەیتەکەی بە سەری یێهودا کرد و پێی گوت: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل وای فەرمووە: ”وەک پاشا دەستنیشانم کردوویت بۆ گەلی یەزدان، بۆ ئیسرائیل. [7]لە بنەماڵەی ئەحاڤی گەورەشت دەدەیت، تۆڵەی خوێنی بەندە پێغەمبەرەکانم و خوێنی هەموو

بەندەکانی یەزدان لە ئیزابێل دەکەمەوە. ٨هەموو بنەماڵەی ئەحاڤ لەناودەبردرێت. هەموو نێرینەیەك لە ئەحاڤ، کۆیلە و ئازاد، لە ئیسرائیل ڕیشەکێش دەکەم. ٩بنەماڵەی ئەحاڤیش وەك بنەماڵەی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات و بنەماڵەی بەعشای کوڕی ئاحییا لێ دەکەم. ١٠ئیزابێلیش لە زەوییەکەی یەزرەعیل سەگ دەیخوات و کەسیش نابێت بینێژێت.» ئینجا دەرگاکەی کردەوە و هەڵات.

١١کاتێك یێهو چووە دەرەوە بۆ لای برا ئەفسەرەکانی، لێیان پرسی: «خێرە، ئەو شێتە بۆ چی هاتە لات؟»

یێهو وەڵامی دایەوە: «ئێوە پیاوەکە دەناسن و دەشزانن چ قسەیەك دەکات.»

١٢ئەوانیش گوتیان: «ئەوە ڕاست نییە! ئینجا پێمان بڵێ.»

یێهو گوتی: «ئەوەی پێ گوتم: "یەزدان ئەمە دەفەرموێت: دەستنیشانم کردوویت بە پاشای ئیسرائیل."»

١٣هەریەکە و بە پەلە کەواکەی داکەند و لەژێر پێی یێهو لەسەر پایەکانی پێپلیکانەکە ڕایانخست. فوویان بە کەڕەنادا کرد و هاواریان کرد، «یێهو پاشایە!»

## کوشتنی یۆرام و ئەحەزیا

١٤ئیتر یێهوی کوڕی یەهۆشافاتی کوڕی نیمشی پیلانی لە دژی یۆرام گێڕا. یۆرام خۆی و هەموو ئیسرائیل بەرگرییان لە ڕامۆتی گلعاد دەکرد لە دژی حەزائێل پاشای ئارام. ١٥بەڵام یۆرام پاشا گەڕابووەوە یەزرەعیل، هەتا لەو برینانە چاك بێتەوە کە لەلایەن ئارامییەکانەوە بریندار کرا، لە کاتی جەنگ لە دژی حەزائێلی پاشای ئارام. ئینجا یێهو گوتی: «ئەگەر حەز دەکەن بمکەنە پاشا، مەهێڵن کەس لە شارەکە دەربازبێت و بچێت لە یەزرەعیل ڕایبگەیەنێت.» ١٦ئینجا یێهو سواری گالیسکە بوو و چوو بۆ یەزرەعیل، چونکە یۆرام لەوێ لەناو جێگا کەوتبوو، هەروەها ئەحەزیای پاشای یەهودا بۆ سەردانی یۆرام چووبوو.

١٧ئێشکگرێك لەسەر قوللەکەی یەزرەعیل ڕاوەستابوو چاوی بە سەربازەکانی یێهو کەوت کاتێك بەرەو پێش دەهاتن، گوتی: «من کۆمەڵێك سەرباز دەبینم.»

یۆرامیش گوتی: «سوارێك ببە و بینێرە بۆ بینینیان، با لێیان بپرسێ: "ئایا بۆ ئاشتی هاتوون؟"»

١٨ئیتر ئەسپ سوارەکە چوو بۆ بینینی و گوتی: «پاشا دەڵێت: "ئایا بۆ ئاشتی هاتوون؟"»

یێهو گوتی: «بۆچی باسی ئاشتی دەکەی؟ بەدوام بکەوە.»

ئینجا ئێشکگرەکە بە پاشای ڕاگەیاند: «نێردراوەکە گەیشتە لایان، بەڵام نەگەڕایەوە.»

١٩پاشان ئەسپ سوارێکی دیکەی نارد و هات بۆ لایان و گوتی: «پاشا دەڵێت: "ئایا بۆ ئاشتی هاتوون؟"»

یێهو گوتی: «بۆچی باسی ئاشتی دەکەی؟ بەدوام بکەوە.»

٢٠دیسان ئێشکگرەکە ڕایگەیاند: «گەیشتە لایان، بەڵام نەگەڕایەوە. لێخوڕینەکە وەك لێخوڕینی یێهوی کوڕی نیمشی وایە، چونکە شێتانە لێدەخوڕێت.»

٢١یۆرام فەرمانی دا: «گالیسکەکەم بۆ ببەستن.» گالیسکەکەی بەسترا. یۆرامی پاشای ئیسرائیل و ئەحەزیای پاشای یەهودا هەریەکە بە گالیسکەکەی خۆیان چوونە دەرەوە بەرەوپیری یێهو. لەناو ئەو زەوییەی کە هی ناڤۆتی یەزرەعیلی بوو تووشی بوون. ٢٢کاتێك یۆرام یێهوی بینی، لێی پرسی: «یێهو، ئایا بۆ ئاشتی هاتوویت؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «هەتا بتپەرستی و جادووگەری ئیزابێلی دایکت بەردەوام بێت، چۆن ئاشتی فەراهەم دەبێت؟»

٢٣یۆرام ڕووی وەرگێڕا و هەڵات، هاواری بۆ ئەحەزیا کرد: «ئەحەزیا، ناپاکییە!»

٢٤یێهوش کەوانەکەی ڕاکێشا و تیرێکی لەنێو شانەکانی یۆرام دا. تیرەکە لە دڵییەوە هاتە دەرەوە،

لەناو گالیسکەکەی کەوت. ٢٥ یێهو بە بیدقەری
ئەفسەری گالیسکەکانی گوت: «هەڵیبگرە و فڕێیبدە
ناو کێڵگەکەی ناڤۆتی یەزرەعیلی. لەبیرت بێت
کاتێك من و تۆ پێکەوە بەدوای ئەحاڤی باوکیدا
سواری گالیسکە بووین، یەزدان ئەم سروشەی[a]
سەبارەت بەو ڕاگەیاند: ٢٦ ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
دوێنێ خوێنی ناڤۆتی یەزرەعیلی و کوڕەکانیم
بینی، لەم زەوییەدا تۆڵەت لێ دەکەمەوە، ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.“[b] ئێستاش بەپێی فەرمایشتی
یەزدان هەڵیبگرە و فڕێیبدە ناو کێڵگەکە.»
٢٧ کاتێك ئەحەزیای پاشای یەهودا ئەمەی بینی،
بە ڕێگای بێتهەگان هەڵات. یێهو ڕاوی نا و
گوتی: «ئەویش بکوژن!» ئەوانیش لە هەورازەکەی
گور ئەوەی لەلای یەڤلەعامە لەناو گالیسکەکەی
لێیاندا. بەڵام بۆ مەگیدۆ هەڵات و لەوێ مرد.
٢٨ خزمەتکارەکانیشی بەرەو ئۆرشەلیم تەرمەکەیان
سواری گالیسکەیەك کرد و لەوێ لە گۆڕەکەیدا
لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داود ناشتیان. ٢٩ لە
ساڵی یازدەیەمینی پاشایەتی یۆرامی کوڕی ئەحاڤ،
ئەحەزیا ببوو بە پاشای یەهودا.

## کوشتنی ئیزابێل

٣٠ ئینجا یێهو هاتە یەزرەعیل، ئیزابێلیش ئەمەی
بیستەوە و کلی لە چاوەکانی کرد، پرچی ڕێکخست
و لە پەنجەرەکەوە تەماشای خوارەوەی کرد. ٣١ کە
یێهو لە دەروازەکەوە هاتە ژوورەوە، لێی پرسی:
«ئەی زیمری، بکوژی گەورەکەت، ئایا بۆ ئاشتی
هاتوویت؟»
٣٢ ئەویش چاوی بۆ لای پەنجەرەکە هەڵبڕی
و گوتی: «کێ لەگەڵ منە، کێ؟» دوو سێ
کاربەدەستیش تەماشای ئەویان کرد لە خوارەوە.
٣٣ یێهو گوتی: «فڕێیبدەنە خوارەوە!» ئەوانیش فڕێیان
دایە خوارەوە، ئەویش بە ئەسپەکانی پێشێلی کرد و
هەندێك لە خوێنەکەی بە دیوارەکە و ئەسپەکانی
پرژا.
٣٤ پاشان یێهو هاتە ژوورەوە و خواردی و
خواردیەوە، ئینجا گوتی: «ئاگاداری ئەو ژنە نەفرەت
لێکراوە بن و بینێژن، چونکە کچی پاشایە.»
٣٥ بەڵام کاتێك چوون بینێژن، جگە لە کەللەسەری
و پێیەکانی و لەپی دەستی هیچی دیکەیان
نەدۆزییەوە. ٣٦ گەڕانەوە و بە یێهویان ڕاگەیاند.
ئەویش گوتی: «ئەمە فەرمایشتی یەزدانە کە لە
ڕێگەی ئەلیاسی تیشبی خزمەتکاریەوە فەرمووی، لە
پارچە زەوییەکەی یەزرەعیل سەگ گۆشتی ئیزابێل
دەخۆن.[c] ٣٧ لاشەکەی ئیزابێلیش وەك زبڵ دەبێت
لەسەر کێڵگەی زەوییەکەی یەزرەعیل، هەتا نەڵێن
”ئەمە ئیزابێلە.“»

## کوشتنی ماڵی ئەحاڤ

١٠ ئەحاڤ حەفتا کوڕی لە سامیرە هەبوو.
جا یێهو چەند نامەیەکی نووسی و ناردی
بۆ کاربەدەستانی یەزرەعیل لە سامیرە، بۆ پیران و
پەروەردەکارانی شازادەکانی ئەحاڤ، گوتی: ٢ «ئێوە
کوڕەکانی گەورەکەتان و گالیسکە و ئەسپتان لەلایە،
شاری قەڵابەند و چەکتان هەیە. بە گەیشتنی
ئەم نامەیە ٣ لە کوڕانی گەورەکەتان چاکترین و
شایستەترینیان هەڵبژێرن، لەسەر تەختی باوکی
دایبنێن. ئینجا بۆ ماڵی گەورەکەتان بجەنگن.»
٤ بەڵام ئەوان زۆر زۆر ترسان و گوتیان: «دوو
پاشا لەبەردەمی نەوەستان، ئێمە چۆن لەبەردەمی
بوەستین؟»
٥ ئیتر سەرپەرشتیاری کۆشك و فەرمانڕەوای
شارەکە و پیران و پەروەردەکارانی شازادەکانی
ئەحاڤ پەیامێکیان بۆ یێهو نارد و گوتیان: «ئێمە
خزمەتکاری تۆین و هەموو ئەوەی پێمانی بڵێی
دەیکەین. ئێمە کەس ناکەینە پاشا، ئەوەی پێت باشە
بیکە.»

[a] ٢٥ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

[b] ٢٦ بڕوانە یەکەم پاشایان ١٩:٢١.

[c] ٣٦ سەگ گۆشتی ئیزابێل دەخۆن: بڕوانە یەکەم پاشایان ٢٣:٢١.

٦ئینجا یێهو نامەی دووەمی بۆ ناردن و گوتی:
«ئەگەر ئێوە لەگەڵ مندان و گوێڕایەڵی من دەبن،
کەللەسەری کوڕەکانی گەورەکەتان بهێنن و سبەینێ
لەم کاتەدا وەرنە لام لە یەزرەعیل.»
لەو کاتەدا حەفتا شازادە لەگەڵ گەورە پیاوانی
شارەکە بوون، ئەوانەی کە پەروەردەیان دەکردن.
٧کاتێك نامەکەیان پێگەیشت، کوڕەکانی پاشایان
برد و هەر حەفتایان سەربڕین، کەللەسەرەکانیان
لەناو چەند سەبەتەیەکدا دانا و ناردیان بۆ لای یێهو
لە یەزرەعیل. ٨کاتێك نێردراوەکە هات بە یێهوی
ڕاگەیاند: «کەللەسەری کوڕەکانی پاشایان هێناوە.»
ئەویش گوتی: «بە دوو کۆمەڵ کەڵەکەیان بکەن
و هەتا بەیانی لە دەروازەی شارەکە دایانبنێن.»
٩بەیانی یێهو چووە دەرەوە. لەبەردەم هەموو
گەل ڕاوەستا و گوتی: «ئێوە بێتاوانن. ئەوەتا من لە
گەورەکەم یاخی بووم و کوشتم، ئەی کێ هەموو
ئەمانەی کوشت؟ ١٠لەبەر ئەوە بزانن کە هیچ
وشەیەك لە فەرمایشتی یەزدان ناشکێت، کە لەسەر
ماڵی ئەحاڤ فەرموویەتی. یەزدانیش ئەوەی کرد کە
لە ڕێگەی ئەلیاسی بەندەیەوە فەرمووی.» ١١ئینجا
یێهو لە یەزرەعیل هەموو پاشماوەی ماڵی ئەحاڤی
کوشت، لە هەموو گەورە پیاو و دۆستی نزیك و
کاهینەکان، هەتا تاقی لێ بڕین.
١٢پاشان یێهو هەستا و بەرەو سامیرە چوو. لە
ڕێگادا، لە بێتعێقەدی شوانەکان، ١٣تووشی چەند
خزمێکی ئەحەزیای پاشای یەهودا بوو، جا گوتی:
«ئێوە کێن؟»
ئەوانیش گوتیان: «ئێمە خزمەکانی ئەحەزیاین و
هاتووینەتە خوارەوە هەتا سڵاو لە بنەماڵەی پاشا و
شاژنی دایك بکەین.»
١٤ئەویش گوتی: «بە زیندوویی بیانگرن!»
ئەوانیش بە زیندوویی گرتیانن و لەلای بیرەکەی
بێتعێقەد سەریان بڕین، چل و دوو کەس بوون،
کەسیان لێ نەهێشتنەوە.
١٥دوای ئەوەی لەوێ ڕۆیشت، تووشی یەهۆنادابی
کوڕی ڕێکاب بوو کە هاتبوو پێشوازی لێبکات. یێهو
سڵاوی لێکرد و پێی گوت: «ئایا تۆش دڵسۆزی منیت،
هەروەك من دڵسۆزی تۆم؟»
یەهۆنادابیش وەڵامی دایەوە: «بەڵێ.»
یێهو گوتی: «کەواتە، دەستتم بدەرێ.» ئینجا
دەستی دایێ و یێهو سەری خستە ناو گالیسکەکە.
١٦یێهو گوتی: «لەگەڵم وەرە و دڵگەرمیم بۆ یەزدان
ببینە.» ئینجا لەگەڵ خۆی سواری گالیسکەکەی کرد.
١٧کاتێك یێهو هاتە سامیرە، هەموو پاشماوەی
بنەماڵەی ئەحاڤی لە سامیرە کوشت، لەناوی بردن،
بەپێی فەرمایشتی یەزدان کە بە ئەلیاسی فەرموو.

## کوشتنی خزمەتکارەکانی بەعل

١٨ئینجا یێهو هەموو گەلی کۆکردەوە و پێی گوتن:
«ئەحاڤ پەرۆشی پەرستنی بەعل نەبوو، بەڵام یێهو
زۆر پەرۆشە. ١٩ئێستاش هەموو پێغەمبەرەکانی
بەعل و هەموو ئەوانەی دەیپەرستن و هەموو
کاهینەکانیم بۆ بانگ بکەن. کەس بزر نەبێت،
چونکە قوربانییەکی گەورە بۆ بەعل دەکەم. ئەوەی
خۆی بدزێتەوە دەکوژرێت.» بەڵام یێهو ئەم فێڵەی
بۆ بەعلپەرستەکان بەکارهێنا بۆ ئەوەی لەناویان
ببات.
٢٠ئینجا یێهو گوتی: «بانگەوازی کۆبوونەوەیەکی
پیرۆز بکەن بۆ بەعل.» ئەوانیش بانگەوازیان کرد.
٢١یێهو بەناو هەموو ئیسرائیلدا بانگەوازی کرد،
هەموو بەعلپەرستەکان هاتن، کەس نەما نەیەت.
هاتنە پەرستگای بەعل و پەرستگای بەعلیان پڕکرد،
لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر. ٢٢ئینجا یێهو بە لێپرسراوی
جلوبەرگەکانی گوت: «جلوبەرگ بۆ هەموو بەعل
پەرستەکان بهێنە دەرەوە.» ئەویش جلوبەرگی بۆ
هێنانە دەرەوە.
٢٣پاشان یێهو و یەهۆنادابی کوڕی ڕێکاب هاتنە
ناو پەرستگای بەعل و بە بەعلپەرستەکانی گوت:
«بگەڕێن و ببینن نەوەك یەکێك لە بەندەکانی
یەزدان لێرە لەگەڵتان بێت، تەنها بەعل پەرستان
لێرە بمێننەوە.» ٢٤ئیتر کە چوونە ژوورەوە بۆ ئەوەی
قوربانی سووتاندن بکەن، هەشتا پیاو لە دەرەوە

دانرابوون کە یێهو ئاگاداری کردبوونەوە: «ئەگەر یەك پیاو لەو پیاوانەی کە بە دەستی ئێوەم داوە دەرباز بێت، ئەوا گیانی ئێوە لە جیاتی گیانی ئەو دەبێت.»

٢٥کاتێك یێهو لە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندن بووەوە، بە پاسەوانە تایبەتەکان و ئەفسەرەکانی گوت: «بڕۆنە ژوورەوە و بیانکوژن، مەهێڵن کەس دەرباز بێت.» ئەوانیش بە شمشێر هەموویان کوشت. ئینجا پاسەوانە تایبەتەکان و ئەفسەرەکان فڕێیان دانە دەرەوە و بەرەو نزرگەی ناوەوەی پەرستگای بەعل ڕۆیشتن. ٢٦کۆڵەکەکانی پەرستگای بەعلیان هێنایە دەرەوە. دوای ئەوەی سووتاندیانن، ٢٧تێکیان شکاندن و پەرستگای بەعلیان ڕووخاند و کردیانە زبڵدان، هەتا ئێستاش شوێنەواری ماوە.

٢٨ئیتر یێهو پەرستنی بەعلی لە ئیسرائیل نەهێشت، ٢٩هەرچەندە لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات، پەرستنی دوو گوێرەکە زێڕینەکە لە بێتئێل و لە دان.

٣٠پاشان یەزدان بە یێهوی فەرموو: «چونکە ئەوەی من پێم ڕاست بوو تۆ کردت، هەموو ئەوەی کە لە دڵم بوو دەرهەق بە ماڵی ئەحاڤ کردت، هەتا چوارەمین نەوەت لەسەر تەختی ئیسرائیل دادەنیشێت.» ٣١بەڵام یێهو ڕەچاوی ئەوەی نەکرد کە بە هەموو دڵییەوە بەپێی فێرکردنەکانی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بڕوات، لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

٣٢لەو سەردەمەدا یەزدان دەستی بە بچووك کردنەوەی خاکی ئیسرائیل کرد، جا حەزائێل لەو سنوورانەی ئیسرائیلەوە لێی دان ٣٣کە لەوبەری ڕووباری ئوردونەوە بوو، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، واتە: هەموو خاکی گلعاد، هەرێمی گادی و ڕەئوبێنی و مەنەشەییەکان، لە عەرۆعێر ئەوەی لەسەر دەربەندی ئەرنۆنە و لە گلعاد و باشان.

٣٤ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یێهو و هەموو کارەکانی و پاڵەوانیەتییەکەی کە کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

٣٥یێهو لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە سامیرە ناشتیان. ئیتر یەهۆئاحازی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا. ٣٦ئەو ماوەیەی کە یێهو لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد، بیست و هەشت ساڵ بوو.

## عەتەلیا و یۆئاش

١١ کاتێك عەتەلیای دایکی ئەحەزیاش کە بینی کوڕەکەی مردووە، هەستا و هەموو ڕەچەڵەکی شاهانەی لەناوبرد. ٢بەڵام یەهۆشەڤەعی کچی یەهۆرام پاشا و خوشکی ئەحەزیا، یۆئاشی کوڕی ئەحەزیای برد و ڕفاندی پێش کوشتنی شازادەکان. ئەو و دایەنەکەی لە ژووری نوستن دانا بۆ ئەوەی لە عەتەلیا بیشارێتەوە، جا یۆئاش نەکوژرا. ٣ماوەی شەش ساڵ لەگەڵ دایەنەکە بە نهێنی لە پەرستگای یەزدان بوو، عەتەلیاش شاژنی خاکەکە بوو.

٤لە ساڵی حەوتەم یەهۆیاداع ناردی بەدوای فەرماندەی یەکەی سەدان، پاسەوانەکان و پاسەوانە تایبەتەکان، هێنانی بۆ لای خۆی لە پەرستگای یەزدان، پەیمانێکی لەگەڵدا بەستن، لە پەرستگای یەزدان سوێندی دان و کوڕەکەی پاشای پیشان دان. ٥ئینجا فەرمانی پێ کردن و گوتی: «ئەمە ئەو کارەیە کە ئێوە دەیکەن، ئێوە کە بە سێ تیپ لە ڕۆژی شەممە دەست بە پاسەوانی دەکەن، سێیەکتان لە کۆشکی شاهانە، ٦سێیەکیش لە دەروازەی سوڕ و سێیەکیش لە دەروازەکەی پشت پاسەوانە تایبەتەکان، کە بە نۆرە پاسەوانی پەرستگاکە دەکەن. ٧ئێوەش کە لەناو ئەو دوو تیپەی دیکە کە بە ئاسایی لە ڕۆژی شەممە ئەرکی پاسەوانییێتییان لە ئەستۆ نییە، پێویستە هەر هەمووتان لە پێناوی پاشا پاسەوانییێتی پەرستگای یەزدان بکەن. ٨چواردەوری پاشا بگرن، هەرکەسە و چەکەکەی لە دەست بێت،

ئەوەی بێتە ناو ڕیزەکانتانەوە دەکوژرێت. لەگەڵ پاشا بن بۆ هەرکوێیەك بچێت.»

[٩]فەرماندەکانی یەکەی سەدانیش ئەوەیان کرد کە یەهۆیاداعی کاهین فەرمانی پێ کردن. هەر یەکێك پیاوەکانی خۆی برد و هاتنە لای یەهۆیاداعی کاهین، ئەوانەی لە ڕۆژی شەممە لەسەر ئەرکەکانیانن و ئەوانەش کە لەسەر ئەرك نین. [١٠]کاهینەکەش ڕم و قەڵغانەکانی داودی پاشا کە لە پەرستگای یەزدان بوون دایە فەرماندەی یەکەی سەدان. [١١]پاسەوانە تایبەتەکان هەریەکە چەك بە دەست لە دەوری پاشا ڕاوەستان، لە نزیك قوربانگا و پەرستگا، لەلای باشووری پەرستگاکەوە هەتا لای باکوور.

[١٢]ئینجا یەهۆیاداع کوڕەکەی پاشای هێنایە دەرەوە و تاجەکەی لەسەر سەری دانا، وێنەیەکی پەیمانەکەی دایێ و کردیانە پاشا. دەستنیشانیان کرد و چەپڵەیان بۆ لێدا و گوتیان: «بژی پاشا!»

[١٣]کاتێك عەتەلیا گوێی لە دەنگی پاسەوانە تایبەتەکان و خەڵکەکە بوو، هاتە لای ئەو خەڵکەی لە پەرستگای یەزدان بوون. [١٤]تەماشای کرد وا پاشا هەروەك چۆن نەریتە، لەلای کۆڵەکەکە ڕاوەستاوە، سەرکردەکان و کەڕەنا لێدەرەکان لەلای پاشان، هەموو گەلی خاکەکە دڵخۆشن و کەڕەنا لێ دەدەن. ئینجا عەتەلیا جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی و هاواری کرد: «ناپاکییە! ناپاکییە!»

[١٥]یەهۆیاداعی کاهینیش فەرمانی بە فەرماندەی یەکەی سەدان و ئەفسەرانی لەشکر کرد و پێی گوتن: «بیبەنە دەرەوەی ڕیزەکان و ئەوەش کە بەدوای کەوت بە شمشێر بیکوژن.» چونکە پێشتر کاهینەکە گوتبووی، «نابێت لەناو پەرستگای یەزدان بکوژرێت.» [١٦]ئیتر گرتیان و لەسەر ڕێگای هاتنە ژوورەوەی ئەسپەکان بۆ کۆشکی پاشا کوژرا.

[١٧]یەهۆیاداعیش پەیمانی لەنێوان یەزدان لە لایەك و پاشا و گەل لە لایەکی دیکەوە بەست هەتا ببنە گەلی یەزدان، هەروەها لەنێوان پاشا و گەل. [١٨]ئینجا هەموو گەلی خاکەکە هاتنە ناو پەرستگای بەعل و تێکیاندا و قوربانگا و بتەکانیان بە تەواوەتی شکاند، مەتانی کاهینی بەعلیان لەبەردەم قوربانگاکان کوشت.

یەهۆیاداعی کاهینیش چەند ئەفسەرێکی لەسەر پەرستگای یەزدان دانا. [١٩]پاشان فەرماندەی سەدان و پاسەوان و پاسەوانە تایبەتەکان و هەموو گەلی خاکەکەی برد و پاشایان لە پەرستگای یەزدانەوە هێنایە خوارەوە، بە ڕێگای دەروازەی پاسەوانە تایبەتەکاندا چوونە ژوورەوە بۆ کۆشکی پاشا، پاشاش چووە شوێنی خۆی و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. [٢٠]هەموو گەلی خاکەکەش دڵخۆش بوون و شارەکە حەوایەوە، عەتەلیاشیان لە نزیك کۆشکی پاشا بە شمشێر کوشت.

[٢١]یۆئاش کە بوو بە پاشا، کوڕێکی حەوت ساڵان بوو.

## چاککردنەوەی پەرستگاکە لەلایەن یۆئاشەوە

١٢ لە ساڵی حەوتەمی پاشایەتی یێهو، یۆئاش بوو بە پاشا و چل ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکی ناوی چیڤیا بوو، خەڵکی بیری شابەع بوو. [٢]یۆئاش لەبەرچاوی یەزدان ئەوەی ڕاست بوو کردی لە هەموو ئەو ماوەیەی کە یەهۆیاداعی کاهین فێری دەکرد. [٣]بەڵام نزرگەکانی سەر بەرزایی[a] تێکنەدران و گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند.

[٤]یۆئاش بە کاهینەکانی گوت: «هەموو زیوە پیرۆزکراوەکانی هاتووەتە ناو پەرستگای یەزدان، زیوی داهاتەکان و زیوە نەزرکراوەکان[b] و زیوە بەخشراوەکان کۆبکەنەوە. [٥]با هەر کاهینێك لە یەکێك لە خەزنەدارەکان زیو وەربگرێت، هەر

---

[a] ٣ ئاماژەیە بۆ ئەو جێگایە بەرزانەی کە لەلایەن خودا هەڵنەبژێردرابوو، بەڵام گەل ڕێوڕەسمی پەرستنیان لێ ئەنجام دەدا. بڕوانە دواوتار ٥:١٢.

[b] ٤ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

داڕووخاوییەکیان لە پەرستگا بینییەوە چاکی بکەنەوە.»

٦بەڵام لە ساڵی بیست و سێیەمی یۆئاشی پاشا هێشتا کاهینەکان داڕووخاوییەکانی پەرستگاکەیان چاك نەکردبووەوە. ٧لەبەر ئەوە یۆئاشی پاشا یەهۆیاداعی کاهین و کاهینەکانی دیکەی بانگکرد و لێی پرسین: «بۆچی داڕووخاوی پەرستگاکەتان چاك نەکردووەتەوە؟ ئێستاش بۆ پێداویستییەکانی خۆتان زیو لە خەزنەدارەکان وەرمەگرن، بەڵکو دایبنێن بۆ چاککردنەوەی داڕووخاوییەکانی پەرستگاکە.» ٨ئینجا کاهینەکان ڕازی بوون لەسەر ئەوەی زیو لە گەل وەرنەگرن و خۆشیان داڕووخاوییەکانی پەرستگاکە چاکنەکەنەوە.

٩ئینجا یەهۆیاداعی کاهین سندوقێکی هێنا و کونێکی لە سەرەکەی کرد و لە نزیك قوربانگاکە داینا، لەلای ڕاستی شوێنی هاتنە ژوورەوەی خەڵکەکە بۆ ناو پەرستگای یەزدان. کاهینەکانیش ئەوانەی چاودێری دەروازەکەیان دەکرد، هەموو ئەو زیوەی هاتبووە پەرستگای یەزدانەوە تێیدا دایاننا. ١٠ئەوە بوو کاتێك بینییان زیوەکە لە سندوقەکە زۆر بووە، خامەی نهێنی[a] پاشا و سەرۆك کاهین سەرکەوتن و ئەو زیوەی لە پەرستگای یەزدان بوو ژماردیان و لە کیسەیان کرد. ١١ئینجا زیوە ژمێردراوەکەیان دایە دەست ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستان، سەرپەرشتیارانی پەرستگای یەزدان، ئەوانیش خەرجیان کرد بۆ ئەوانەی لە پەرستگای یەزدان کاریان دەکرد: دارتاش، بیناساز، ١٢بەنا، نەقارەکان. هەروەها بۆ کڕینی دار و بەردی بڕاو بۆ چاککردنەوەی داڕووخاوی پەرستگای یەزدان و بۆ هەموو ئەوەی خەرج دەکرێت لە نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکە.

١٣بەڵام بۆ پەرستگای یەزدان تەشتی زیو، مەقەست، تاس[b] و کەڕەنا دروستنەکران، نە هیچ کەلوپەلێکی زێڕ و زیو، لەو زیوەی هاتبووە ناو پەرستگای یەزدانەوە. ١٤بەڵکو درانە ئەوانەی کە بە کارەکە هەڵدەستان و پەرستگای یەزدانیان پێ چاکدەکردەوە. ١٥لەو پیاوانەشیان نەدەکۆڵییەوە کە زیوەکەیان دەدانە دەست هەتا بیدەنە ئەوانەی کە بە کارەکە هەڵدەستان، چونکە بە دەستپاکییەوە کاریان دەکرد. ١٦بەڵام زیوی قوربانی تاوان و زیوی قوربانی گوناە، نەخرایە ناو پەرستگای یەزدانەوە، بەڵکو بۆ کاهینەکان بوو.

١٧لەو کاتە حەزائێلی پاشای ئارام چوو هێرشی کردە سەر گەت و گرتی. ئینجا ڕووی لە ئۆرشەلیم کرد هەتا هێرشی بکاتە سەر. ١٨یۆئاشی پاشای یەهوداش هەموو شتە تەرخانکراوەکانی یەهۆشافات و یەهۆرام و ئەحەزیای باوباپیرانی، پاشایانی یەهودا، لەگەڵ شتە پیرۆزکراوەکانی خۆی و هەموو زێڕی ناو گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشای برد و ناردنی بۆ حەزائێلی پاشای ئارام، ئەویش لە ئۆرشەلیم کشایەوە.

١٩ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یۆئاش و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

٢٠پاشان کاربەدەستەکانی هەستان و پیلانێکیان گێڕا، لە بێتمیلۆ کە لەسەر ڕێگای سیلایە یۆئاشیان کوشت. ٢١هەردوو خزمەتکارەکەی، یۆزاڤادی کوڕی شیمەعات و یەهۆزاڤادی کوڕی شۆمێر لێیاندا. یۆئاش کوژرا و لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داود نێژرا. ئیتر ئەمەسیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆئاحاز

١٣ لە ساڵی بیست و سێیەمی پاشایەتی یۆئاشی کوڕی ئەحەزیای پاشای یەهودا،

[a] ١٠ ڕازپۆش.

[b] ١٣ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ١٥:٩؛ ٢٠:١٤ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

یەهۆئاحازی کوڕی یێهو بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لە
سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ٢ لەبەرچاوی یەزدان
خراپەکاری کرد، بەدوای گوناهەکانی یارۆڤعامی
کوڕی نەڤات کەوت و هەمان گوناهی ئەوی کرد کە
بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات، لێی لا
نەدا. ٣ ئیتر تووڕەیی یەزدان بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا،
ماوەیەکی درێژ لەژێر دەسەڵاتی حەزائێلی پاشای
ئارام و بەن‌هەدەدی کوڕی هێشتنییەوە.

٤ ئینجا یەهۆئاحاز لە یەزدان پاڕایەوە و یەزدانیش
گوێی لێ گرت، چونکە بینی چۆن پاشای ئارام
ئیسرائیل دەچەوسێنێتەوە. ٥ یەزدان ڕزگارکەرێکی
دایە ئیسرائیل، لەژێر دەستی ئارامییەکان ڕزگار بوون
و وەك جاران لەناو ماڵەکانیان نیشتەجێ بوون.
٦ بەڵام خۆیان لە گوناهەکانی بنەماڵەی یارۆڤعام
لانەدا، هەمان گوناهی ئەویان کرد کە بەهۆیەوە
وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات، لەسەری بەردەوام
بوون، هەروەها ستوونە ئەشێراکەش[a] لە سامیرە لە
جێی خۆی ماوە.

٧ یەهۆئاحاز سوپای بۆ نەمابووەوە، جگە لە پەنجا
سوار و دە گالیسکە و دە هەزار پیادە، چونکە
پاشای ئارام لەناویبردبوون و وەك خۆڵی ژێر پێی
لێکردبوون.

٨ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆئاحاز و
هەموو ئەوەی کردی و هەموو دەستکەوتەکانی
لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل
تۆمار کراون.

٩ یەهۆئاحاز لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە
سامیرە ناشتیان. ئیتر یەهۆئاشی کوڕی لەدوای خۆی
بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆئاش

١٠ لە ساڵی سی و حەوتەمی پاشایەتی یۆئاشی
پاشای یەهودا، یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحاز بۆ
ماوەی شازدە ساڵ لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی
کرد. ١١ لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، لە هیچ
یەکێك لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات
لای نەدا، هەمان گوناهی ئەوی کرد کە بەهۆیەوە
وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات، بەڵکو لەسەریان
بەردەوام بوو.

١٢ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆئاش و
هەموو ئەوەی کردی و پاڵەوانییەکەی کە چۆن لە
دژی ئەمەسیای پاشای یەهودا جەنگا لە پەڕتووکی
کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.
١٣ یەهۆئاش لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و
یارۆڤعام لەسەر تەختەکەی دانیشت، یەهۆئاشیش
لە سامیرە نێژرا، لەگەڵ پاشاکانی ئیسرائیل.

١٤ ئەلیشەعیش نەخۆش کەوت بەو نەخۆشییەی
کە پێی مرد، جا یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل چووە
خوارەوە بۆ لای و لەسەری گریا، گوتی: «باوکە ڕۆ!
باوکە ڕۆ! ئەی گالیسکەی ئیسرائیل و سوارەکانی!»

١٥ ئەلیشەعیش پێی گوت: «کەوانێك و چەند
تیرێك هەڵگرە.» ئەویش کەوانێك و چەند تیرێکی
هەڵگرت. ١٦ بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «دەستت
لەسەر کەوانەکە دابنێ.» ئەویش دەستی دانا،
ئەلیشەعیش دەستی خستە سەر دەستی پاشا.

١٧ ئینجا گوتی: «پەنجەرەکەی ڕووەو ڕۆژهەڵات
بکەوە.» ئەویش کردییەوە. ئەلیشەع گوتی:
«بیهاوێ!» ئەویش هاویشتی. ئەلیشەع گوتی: «ئەمە
تیری سەرکەوتنە لە یەزدانەوە، تیری سەرکەوتنە
بە سەر ئارام، لە ئەفێق بە تەواوی ئارامییەکان
لەناودەبەیت.»

١٨ هەروەها گوتی: «تیرەکان ببە.» پاشاکەش
بردنی، ئینجا ئەلیشەع بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «لە
زەوییەکە بدە.» ئەویش سێ جار لێیدا و وەستا. ١٩ جا
پیاوەکەی خودا لێی تووڕە بوو و گوتی: «دەبووایە
پێنج یان شەش جار لە زەوییەکەت بدایە، ئینجا بە
تەواوی لە ئارامت دەدا هەتا لەناودەچوون، ئێستاش
تەنها سێ جار لە ئارام دەدەیت.»

٢٠ پاشان ئەلیشەع مرد و ناشتیان.

چەتەکانی مۆئاب هەموو بەهارێك دەهاتنە
ناو خاکەکە. ٢١ جارێك پیاوێکیان دەناشت، لەناکاو

[a] ٦ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١

چەتەکانیان بینی، ئیتر تەرمی پیاوەکەیان فڕێدایە ناو گۆڕەکەی ئەلیشەع. جا کە پیاوەکە بەر ئێسقانەکانی ئەلیشەع کەوت، زیندوو بووەوە و هەستایەوە سەر پێیەکانی.

٢٢حەزائێلی پاشای ئارامیش بە درێژایی سەردەمی یەهۆئاحاز ئیسرائیلی چەوساندەوە. ٢٣بەڵام یەزدان لەگەڵیان میهرەبان و بە بەزەیی بوو، لەبەر پەیمانەکەی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب ئاوڕی لێ دانەوە، هەتا ئێستاش نەیویست ڕیشەکێشیان بکات و دووریان بخاتەوە.

٢٤پاشان حەزائێلی پاشای ئارام مرد و بەن‌هەدەدی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا. ٢٥ئینجا یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحاز گەڕایەوە و بە جەنگ شارۆچکەکانی لە دەست بەن‌هەدەدی کوڕی حەزائێل وەرگرتەوە، ئەوەی لە دەستی یەهۆئاحازی باوکی بردبووی، یەهۆئاش سێ جار بەزاندی و شارۆچکەکانی ئیسرائیلی گەڕاندەوە.

## پاشایەتی ئەمەسیا لە یەهودا

١٤ لە ساڵی دووەمی پاشایەتی یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحازی پاشای ئیسرائیل، ئەمەسیای کوڕی یۆئاش بوو بە پاشای یەهودا. ٢کاتێک بوو بە پاشا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو، بیست و نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکیشی ناوی یەهۆعەدین بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. ٣ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، بەڵام نەک وەکو داودی باپیرە گەورەی، بەڵکو وەک هەموو ئەوەی یۆئاشی باوکی کردی ئەویش کردی. ٤لەگەڵ ئەوەش نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران، هێشتا گەل لەسەر بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند.

٥کاتێک جڵەوی پاشایەتییەکە لە دەستی جێگیر بوو، سزای مردنی بەسەر ئەو کاربەدەستانەدا سەپاند کە پاشای باوکیان کوشتبوو. ٦بەڵام کوڕی بکوژەکانی نەکوشت، بەگوێرەی ئەوەی لە پەڕتووکی تەوراتی موسادا نووسراوە، کە یەزدان فەرمانی داوە و فەرموویەتی: «باوک لە جیاتی کوڕ ناکوژرێت و کوڕ لە جیاتی باوک ناکوژرێت، هەر یەکێک لەسەر گوناهی خۆی دەکوژرێت.»[a]

٧ئەوە بوو لە دۆڵی خوێ[b] دە هەزار کەسی لە ئەدۆم کوشت و بە جەنگ سەلەعی گرت و ناوی لێنا یۆقتئێل، هەتا ئەمڕۆش ئەوە ناویەتی.

٨پاشان ئەمەسیا نێردراوی نارده لای یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحازی کوڕی یێهوی پاشای ئیسرائیل و پێی گوت: «وەرە، با ڕووبەڕوو شەڕ بکەین.»

٩یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیلیش وەڵامی ئەمەسیای پاشای یەهودای دایەوە و گوتی: «خڕنووکی لوبنانی ناردی بۆ لای دار ئورزی لوبنانی و گوتی: ”کچەکەت بدە بە کوڕەکەم هەتا ببێتە ژنی.“ ئینجا ئاژەڵێکی کێوی لە لوبنان بەسەر خڕنووکەکەدا ڕۆیشت و پانی کردەوە. ١٠تۆ ئەدۆمت شکاند، ئێستا لەخۆبایی بوویت. بەڕێزبە و لە ماڵی خۆت بمێنەوە! بۆچی بەڵا بەسەر خۆتدا دەهێنیت؟ ئینجا دەکەویت، خۆت و یەهوداش لەگەڵت.»

١١بەڵام ئەمەسیا گوێی نەگرت، لەبەر ئەوە یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل هێرشی برد، لەگەڵ ئەمەسیای پاشای یەهودا لە بێت‌شەمەشی یەهودا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. ١٢لە ئەنجامدا یەهودا بەرامبەر بە ئیسرائیل تێکشکان، هەرکەسە و بەرەو ماڵەکەی خۆی هەڵات. ١٣ئەمەسیای پاشای یەهودا، کوڕی یۆئاشی کوڕی ئەحەزیا، لەلایەن یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیلەوە لە بێت‌شەمەش بە دیل گیرا. پاشان یەهۆئاش چوو بۆ ئۆرشەلیم و شوورای ئۆرشەلیمی لە دەروازەی ئەفرایمەوە هەتا دەروازەی گۆشەکە وێران کرد، کە چوار سەد باڵ[c] بوو. ١٤هەموو زێڕ و زیو و قاپوقاچاغەکانی ناو پەرستگای یەزدان و ناو گەنجینەکانی کۆشکی پاشای برد، هەروەها چەندین بارمتەی گرت و گەڕایەوە سامیرە.

١٥ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆئاش،

[a] ٦ لەسەر گوناهی خۆی دەکوژرێت: بڕوانە دواوتار ٢٤:١٦.
[b] ٧ دۆڵی خوێ: دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو.
[c] ١٣ چوار سەد باڵ: نزیکەی ١٨٠ مەتر.

ئەوەی کردی و پاڵەوانییەکەی کە نواندی، چۆن لە دژی ئەمەسیای پاشای یەهودا جەنگا، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

[١٦]یەهۆئاش لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە سامیرە لەگەڵ پاشاکانی ئیسرائیلدا نێژرا. ئیتر یارۆڤعامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

[١٧]ئەمەسیای کوڕی یۆئاشی پاشای یەهوداش لەدوای مردنی یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحازی پاشای ئیسرائیل، پازدە ساڵ ژیا. [١٨]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەمەسیا لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[١٩]لە ئۆرشەلیم پیلانیان لە دژی گێڕا و هەڵات بۆ لاخیش، ئینجا چەند پیاوێکیان بەدوایدا ناردە شاری لاخیش و لەوێ کوشتیان. [٢٠]بە ئەسپ هێنرایەوە ئۆرشەلیم و لەوێ لە شاری داود لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا.

[٢١]پاشان هەموو گەلی یەهودا عەزەریای[a] گەنجی شازدە ساڵانیان برد و لە جێی ئەمەسیای باوکی کردیانە پاشا. [٢٢]ئەو بەندەری ئێلەتی بنیاد ناوە و گەڕاندییەوە سەر یەهودا، پاش ئەوەی ئەمەسیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە.

## پاشایەتی یارۆڤعامی دووەم

[٢٣]لە ساڵی پازدەیەمینی پاشایەتی ئەمەسیای کوڕی یۆئاشی پاشای یەهودا، یارۆڤعامی کوڕی یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل ماوەی چل و یەك ساڵ لە سامیرە پاشایەتی کرد. [٢٤]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، لە هیچ یەکێك لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات. [٢٥]ئەو بوو کە سنوورەکانی ئیسرائیلی گەڕاندەوە، لە دەروازەی حەماتەوە هەتا دەریای مردوو، بەپێی فەرمایشتی یەزدان کە لە ڕێگەی بەندەکەیەوە، لە ڕێگەی یونسی کوڕی ئەمیتەیەوە فەرمووبووی، ئەو پێغەمبەرەی خەڵکی گەت حێفەر بوو.

[a] ٢١ هەروەها بە ناوی (عوزیا)ش هاتووە.

[٢٦]یەزدان زەلیلی تاڵی کۆیلە و ئازادی ئیسرائیلی بینی، کەس نییە یارمەتی ئیسرائیل بدات. [٢٧]یەزدانیش نەیفەرمووبوو کە ناوی ئیسرائیل لەژێر ئاسماندا دەسڕێتەوە، جا بە دەستی یارۆڤعامی کوڕی یەهۆئاش ڕزگاری کردن.

[٢٨]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یارۆڤعام و هەموو ئەوەی کردی و پاڵەوانییەکەی، چۆن جەنگا و چۆن دیمەشق و حەماتی گەڕاندەوە سەر ئیسرائیل، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

[٢٩]یارۆڤعام لەگەڵ باوباپیرانی، لەگەڵ پاشاکانی ئیسرائیل سەری نایەوە. ئیتر زەکەریای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی عەزەریا لە یەهودا

١٥ لە ساڵی بیست و حەوتەمی پاشایەتی یارۆڤعامی پاشای ئیسرائیل، عەزەریای[b] کوڕی ئەمەسیا بوو بە پاشای یەهودا. [٢]گەنجێکی شازدە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، پەنجا و دوو ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکیشی ناوی یەخۆلیاهو بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. [٣]بە هەمان شێوەی ئەمەسیای باوکی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، [٤]تەنها ئەوە نەبێت نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران و گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند.

[٥]یەزدان پاشای تووشی گەڕوگولی[c] کرد و هەتا ئەو ڕۆژەی مرد چاکنەبووەوە، ئیتر لە ماڵێکی جیاکراوە نیشتەجێ بوو، یۆتامی کوڕی پاشاش سەرپەرشتیاری کۆشکەکە بوو، فەرمانڕەوایەتی گەلی خاکەکەی دەکرد.

[٦]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی عەزەریا و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[b] ١ هەروەها بە ناوی (عوزیا)ش هاتووە.

[c] ٥ گەڕوگول: نەك تەنها گولی، بەڵام ئەم وشەیە بۆ چەند نەخۆشییەکی جیاوازی پێست بەکاردەهێنرا.

٧عەزەریا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە نزیکی باوباپیرانی لە شاری داود ناشتیان. ئیتر یۆتامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی زەکەریا لە ئیسرائیل

٨لە ساڵی سی و هەشتەمی پاشایەتی عەزەریای پاشای یەهودا، زەکەریای کوڕی یارۆڤعام شەش مانگ لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ٩لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد هەروەك چۆن باوباپیرانی کردیان و لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

١٠شەلومی کوڕی یاڤێش پیلانی لە دژی زەکەریا گێڕا، لەبەردەم گەل لێیدا و کوشتی، لە جێی ئەو بوو بە پاشا. ١١ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی زەکەریاش، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

١٢ئیتر فەرمایشتەکەی یەزدان کە بە یێهوی فەرمووو هاتە دی، کە فەرمووی: «هەتا چوارەمین نەوەت لەسەر تەختی ئیسرائیل دادەنیشێت.»

## پاشایەتی شەلوم

١٣شەلومی کوڕی یاڤێش لە ساڵی سی و نۆیەمی عوزیای[a] پاشای یەهودا بوو بە پاشا و یەك مانگ لە سامیرە پاشایەتی کرد. ١٤ئینجا مەنەحێمی کوڕی گادئی لە تیرزەیەوە سەرکەوت و هاتە سامیرە، لە سامیرە لە شەلومی کوڕی یاڤێشی دا و کوشتی، لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

١٥ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی شەلوم و ئەو پیلانەی کە گێڕای، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

١٦لەو کاتەدا مەنەحێم لە تیرزەیەوە هێرشی کردە سەر تیفسەح و دەوروبەری و هەموو ئەوەی تێیدا بوو، چونکە دەروازەی شارەکەیان بۆی نەکردەوە. سکی هەموو ژنە سکپڕەکانیشی هەڵدڕی.

[a] ١٣ کە عەزەریا.

## پاشایەتی مەنەحێم

١٧لە ساڵی سی و نۆیەمی عەزەریای پاشای یەهودا، مەنەحێمی کوڕی گادئی دە ساڵ لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ١٨لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بە درێژایی ماوەی حوکمڕانییەکەی لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

١٩پاشان پولی[b] پاشای ئاشور هاتە سەر خاکەکە و مەنەحێمیش هەزار تالنت[c] زیوی دایە پول، هەتا پاڵپشتی بکات بۆ ئەوەی جڵەوی پاشایەتییەکەی بگرێتە دەست. ٢٠مەنەحێم ئەم بڕە زیوەی بەسەر ئیسرائیلدا سەپاند، بەسەر هەموو بە توانا و دەوڵەمەندەکان، هەتا بدرێتە پاشای ئاشور، پەنجا شاقل زیو[d] لەسەر هەر پیاوێك، جا پاشای ئاشور گەڕایەوە و لەوێ لە خاکەکە نەمایەوە.

٢١ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی مەنەحێم و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

٢٢مەنەحێم لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، ئیتر پەقەحیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی پەقەحیا

٢٣لە ساڵی پەنجایەمی عەزەریای پاشای یەهودا، پەقەحیای کوڕی مەنەحێم بوو بە پاشا، دوو ساڵ لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ٢٤پەقەحیا لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد و لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات. ٢٥یەکێك لە ئەفسەرەکانی، بە ناوی پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو، پیلانی لە دژی گێڕا. پەنجا پیاوی گلعادی لەگەڵ خۆی برد، لە سامیرە لەناو قەڵای کۆشکی پاشا پەقەحیای کوشت، هەروەها ئەرگۆڤ و ئەریەشی

[b] ١٩ پول: واتە تگلەت پلئەسەر. بڕوانە ئایەتی ٢٩.
[c] ١٩ هەزار تالنت: نزیکەی ٣٤ تەن.
[d] ٢٠ پەنجا شاقل زیو: نزیکەی ٠٫٦ کیلۆگرام.

لەگەڵی کوشت. ئیتر پەقەح پەقەحیای کوشت و لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

٢٦ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی پەقەحیا و هەموو ئەوەی کردی، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

## پاشایەتی پەقەح

٢٧ لە ساڵی پەنجا و دووەمی عەزەریای پاشای یەهودا، پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو بوو بە پاشا، بیست ساڵ لە سامیرە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. ٢٨ ئەویش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد و لە گوناهەکانی یارۆڤعامی کوڕی نەڤات لای نەدا، کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات.

٢٩ لە سەردەمی پەقەحی پاشای ئیسرائیل، تگلەت پلئەسەری پاشای ئاشور هات، عییۆن، ئابێلی بێتمەعکا، یانۆوەح، قەدەش، حاچۆر، گلعاد، جەلیل و هەموو خاکی نەفتالی داگیر کرد، خەڵکەکەی ڕاپێچی ئاشور کرد. ٣٠ ئینجا هۆشێیەعی کوڕی ئێلە پیلانی لە دژی پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو گێڕا. هێرشی کردە سەری و کوشتی، لە ساڵی بیستەمینی یۆتامی کوڕی عوزیا لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

٣١ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی پەقەح و هەموو ئەوەی کردی، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

## پاشایەتی یۆتام لە یەهودا

٣٢ لە ساڵی دووەمی پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهوی پاشای ئیسرائیل، یۆتامی کوڕی عوزیا بوو بە پاشای یەهودا. ٣٣ کاتێك بوو بە پاشا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی یەروشای کچی سادۆق بوو. ٣٤ بە هەمان شێوەی عوزیای باوکی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، ٣٥ تەنها ئەوە نەبێت نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران، گەل هێشتا لەسەر بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی و بخووریان دەسووتاند. یۆتام بوو کە دەروازەی سەرەوەی پەرستگای یەزدانی بنیاد ناوە.

٣٦ ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یۆتام و ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

٣٧ لەو ڕۆژانەدا یەزدان دەستی بە ناردنی ڕەچینی پاشای ئارام و پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو کرد بۆ سەر یەهودا.

٣٨ ئیتر یۆتام لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شاری داودی باپیرە گەورەی لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا، ئاحازی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئاحاز

١٦ لە ساڵی حەڤدەیەمی پاشایەتی پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو، ئاحازی کوڕی یۆتام بوو بە پاشای یەهودا. ٢ ئاحاز گەنجێکی بیست ساڵان بوو کاتێك بوو بە پاشا، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. بە پێچەوانەی داودی باپیرە گەورەی، ئەوەی لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگاری ڕاست بوو نەیکرد. ٣ هەمان ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیلی گرتەبەر، تەنانەت کوڕەکەشی کردە قوربانی سووتاندن، وەك نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کرد کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردن. ٤ هەروەها لە نزرگەکانی سەر بەرزایی و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند.

٥ پاشان ڕەچینی پاشای ئارام و پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهوی پاشای ئیسرائیل بۆ جەنگ سەرکەوتنە ئۆرشەلیم و ئاحازیان گەمارۆ دا، بەڵام نەیانتوانی بەسەریدا زاڵ بن. ٦ لەو کاتەدا ڕەچینی پاشای ئارام ئێلەتی بۆ ئارامییەکان گەڕاندەوە و پیاوانی یەهودای لە ئێلەت دەرکرد. ئەدۆمییەکانیش هاتنە ئێلەت و لەوێ نیشتەجێ بوون هەتا ئەمڕۆ.

٧ ئاحاز نێردراوی نارده لای تگلەت پلئەسەری پاشای ئاشور و گوتی، «من خزمەتکار و لەژێر فەرمانی تۆم، سەربکەوە و لە دەستی پاشای ئارام

و پاشای ئیسرائیل ڕزگارم بکە کەوا لێم ڕاست بوونەتەوە.» [٨]هەروەها ئاحاز ئەو زێڕ و زیوەی لەناو پەرستگای یەزدان و لەناو گەنجینەکانی کۆشکی پاشادا بوو بردی و بە دیاری بۆ پاشای ئاشوری نارد. [٩]پاشای ئاشوریش بە قسەی کرد و هێرشی کردە سەر دیمەشق و داگیری کرد. خەڵکەکەی ڕاپێچی «قیر» کرد، ڕەچینیشی کوشت.

[١٠]پاشان ئاحاز پاشا چوو بۆ دیمەشق بۆ بینینی تگلەت پلئەسەری پاشای ئاشور. ئەو قوربانگایەی بینی کە لە دیمەشقە، ئیتر نەخشەی قوربانگاکە و بیناسازییەکەی بە هەموو وردەکاری دروستکردنەوە، بۆ ئوریای کاهینی نارد. [١١]ئوریای کاهینیش قوربانگایەکی بنیاد نا هەروەك ئەوەی ئاحازی پاشا لە دیمەشقەوە ناردی، ئوریای کاهین ئەوەی کرد هەتا ئاحازی پاشا لە دیمەشق هاتەوە. [١٢]کاتێك پاشا لە دیمەشق هاتەوە، قوربانگاکەی بینی و لێی نزیك بووەوە و پێشکەشکراوی لەسەر پێشکەش کرد. [١٣]قوربانی سووتاندنەکەی و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەی لەسەر سووتاند، شەرابە پێشکەشکراوەکەی ڕشت، خوێنی قوربانی هاوبەشییەکەی[a] خۆی بەسەر قوربانگاکە پرژاند. [١٤]قوربانگا بڕۆنزییەکەی بەردەم یەزدانیش، ئەوەی لەبەردەم پەرستگاکە بوو لەنێوان قوربانگاکە و پەرستگای یەزدان، بردی لەلای باکووری قوربانگا نوێیەکە داینا.

[١٥]ئینجا ئاحاز پاشا فەرمانی بە ئوریای کاهین کرد و پێی گوت: «لەسەر قوربانگا نوێیە گەورەکە، قوربانی سووتاندنی بەیانیان و پێشکەشکراوی دانەوێڵەی ئێواران، قوربانی سووتاندنی پاشا، پێشکەشکراوی دانەوێڵەکانی، قوربانی سووتاندنی هەموو خەڵکی خاکەکە و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکانیان لەسەری دەسووتێنیت. هەروەها شەرابە پێشکەشکراوەکەیان و خوێنی هەموو قوربانی سووتاندنێك و هەموو قوربانی سەربڕاوێکی لەسەر دەپرژێنیت. بەڵام من قوربانگا بڕۆنزییەکە بەکاردەهێنم بۆ داواکردنی ڕێنمایی لە خودا.» [١٦]ئوریای کاهینیش هەمان ئەوەی کرد کە ئاحازی پاشا فەرمانی پێ کرد.

[١٧]پاشان ئاحاز پاشا تەختەداری عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوەشی بڕییەوە و دەستشۆرەکەی لەسەری لابرد، حەوزە بڕۆنزییەکەشی[b] لەسەر گایە بڕۆنزییەکان هێنایە خوارەوە کە لە ژێری بوون و لەسەر جێگایەکی بەردڕێژکراو دانا. [١٨]ئاحاز لە پێناو ڕەزامەندی پاشای ئاشور کەپری شەممەی لادا کە لەناو پەرستگای یەزدان دروستکرابوو، ئەو دەروازەیەشی داخست کە پاشا لێیەوە دەهاتە ژوورەوە.

[١٩]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئاحاز و ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[٢٠]ئاحاز لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لەگەڵ باوباپیرانی لە شاری داود نێژرا. ئیتر حەزقیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## هۆشێیەعی دواهەمین پاشای ئیسرائیل

١٧ لە ساڵی دوازدەیەمی ئاحازی پاشای یەهودا، هۆشێیەعی کوڕی ئێلە لە سامیرە بوو بە پاشا، ماوەی نۆ ساڵ پاشایەتی ئیسرائیلی کرد. [٢]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەڵام نەك وەکو پاشاکانی ئیسرائیل، ئەوانەی کە لەپێش خۆی بوون.

[٣]شەلمەنئەسەری پاشای ئاشور هێرشی کردە سەری. پێشتر هۆشێیەع ملکەچی بوو و سەرانەی دەدایێ، [٤]بەڵام پاشای ئاشور ناپاکی لە هۆشێیەع

[a] ١٣ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:‏١١-‏١٥.

[b] ١٧ کۆگای ئاو بووە، هەروەها پێی گوتراوە دەریا، بڕوانە دەرچوون ٣٠:‏١٧-‏٢١.

بینی، لەبەر ئەوەی چەند نێردراوێکی بۆ سۆئای[a] پاشای میسر ناردبوو، هەروەها ئەو سەرانەی کە ساڵانە دەیدایە پاشای ئاشوری ڕایگرتبوو. ئیتر شەلمەنئەسەر گرتی و زیندانی کرد. ٥پاشای ئاشور هێرشی کردە سەر هەموو خاکەکە و سەر سامیرە، سێ ساڵ گەمارۆی دا. ٦لە ساڵی نۆی پاشایەتی هۆشێیەع، پاشای ئاشور سامیرەی داگیر کرد و خەڵکی ئیسرائیلی ڕاپێچی ئاشور کرد، لە حەلەح و گۆزانی کەناری ڕووباری خابوور و شارۆچکەکانی مادی نیشتەجێی کردن.

## بە دیل گرتنی ئیسرائیل بەهۆی گوناهەوە

٧هەموو ئەمانە ڕوویدا، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئیسرائیل گوناهیان کردبوو بەرامبەر بە یەزدانی پەروەردگاریان، ئەوەی لە خاکی میسرەوە لەژێر دەستی فیرعەونی پاشای میسر دەریهێنان. بەڵام خودای دیکەیان[b] پەرست و ٨بەدوای بەجێهێنانی نەریتی ئەو گەلانە کەوتن کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون، پەیڕەویان لە کار و کردەوەی پاشاکانی ئیسرائیل کرد. ٩نەوەی ئیسرائیل بە نهێنی چەند کارێکیان لە دژی یەزدانی پەروەردگاریان کرد کە ڕاست نەبوون. لە قوللەکانی چاودێرییەوە هەتا شارە قەڵابەندەکان لە هەموو شارۆچکەکان نزرگەی سەر بەرزاییان بنیاد نا. ١٠لەسەر هەموو گردێکی بەرز و لەژێر هەموو دارێکی سەوز بەردی تەرخانکراو و ستوونە ئەشێراکانیان بۆ خۆیان دامەزراند. ١١لەوێ لەسەر هەموو نزرگەکانی سەر بەرزایی بخووریان سووتاند، وەک ئەو گەلانەی یەزدان لەپێشیان ڕایماڵین، بە کارە خراپەکانیان یەزدانیان پەست کرد. ١٢ئەو بتانەیان پەرست کە یەزدان پێی فەرمووبوون، «ئەم شتە نەکەن.» ١٣یەزدانیش لە ڕێگەی هەموو پێغەمبەران و ڕاگەیەنەرانی پەیامی خودا ئیسرائیل و یەهودای ئاگادار کردەوە، فەرمووی: «لە ڕێگا خراپەکانتان بگەڕێنەوە و فەرمان و فەرزەکانم بەجێبهێنن، بەگوێرەی تەواوی ئەو تەوراتەی کە باوباپیرانی ئێوەم پێی ڕاسپارد، ئەوەی لە ڕێگەی بەندە پێغەمبەرەکانمەوە بۆم ناردن.»

١٤بەڵام گوێیان نەگرت و وەک باوباپیرانیان کەللەڕەقییان کرد، ئەوانەی بڕوایان بە یەزدانی پەروەردگاریان نەکرد. ١٥فەرزەکانی ئەویان ڕەتکردەوە، هەروەها ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ باوباپیرانیان بەستبووی و ئەو ئاگادارکردنەوانەی کە پێیدان ڕەتیان کردەوە. دوای بتی پووچ کەوتن و پووچ بوون. بەدوای ئەو گەلانەی دەوروبەریان کەوتن، کە یەزدان فەرمانی پێ کردبوون، «وەک ئەوان نەکەن.»

١٦وازیان لە هەموو فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاریان هێنا و بۆ خۆیان دوو گوێرەکەی لەقاڵبدراویان دروستکرد و ستوونە ئەشێرایەکیان دروستکرد، کڕنۆشیان بۆ هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان برد و بەعلیان پەرست. ١٧کوڕ و کچەکانیان وەک قوربانی سووتاند. فاڵیان گرتەوە و جادووگەرییان کرد، خۆیان فرۆشت بۆ ئەنجامدانی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان خراپ بوو، ئیتر پەستیان کرد.

١٨لەبەر ئەوە یەزدان زۆر لە ئیسرائیل تووڕە بوو و لەبەردەمی خۆی دووری خستنەوە. تەنها هۆزی یەهودای هێشتەوە، ١٩هەروەها یەهوداش فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاریان بەجێنەگەیاند. نەریتەکانی ئیسرائیلیان پەیڕەو کرد کە دایانهێنابوو. ٢٠لەبەر ئەوە یەزدان هەموو وەچەی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە، زەلیلی کردن و ڕادەستی تاڵانکەرانی کردن، هەتا ئەوەی لەبەردەم خۆی دووری خستنەوە.

٢١کاتێک خودا ئیسرائیلی لە بنەماڵەی داود جیا کردەوە، یارۆڤعامی کوڕی نەڤاتیان کردە پاشای خۆیان. یارۆڤعام ئیسرائیلی لە شوێنکەوتنی یەزدان دوورخستەوە و بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان گوناهێکی گەورە بکەن. ٢٢نەوەی ئیسرائیلیش

[a] ٤ دەشێت (سۆئا) کورتکراوەی ناوی پاشا ئۆسۆرکۆنی چوارەم بێت، کە لە ساڵی ٧٣٠ یەوە هەتا ٧١٥ پ. ز. لە میسر پاشایەتی کرد.

[b] ٧ بڕوانە دواوتار ١٤:٦.

هەموو ئەو گوناهانەی یارۆڤعامیان پەیڕەو کرد کە
کردنی و خۆیان لێی لانەدا، [٢٣]هەتا ئەوەی یەزدان
ئیسرائیلی لەبەردەم خۆی دوورخستەوە، هەروەك
چۆن لە ڕێگەی هەموو بەندە پێغەمبەرەکانییەوە
فەرمووبووی. ئیتر ئیسرائیل لە خاکەکەی خۆیانەوە
ڕاپێچی ئاشور کران، هەتا ئەمڕۆش هەر لەوێن.

## نیشتەجێکردنی خەڵکی بابل و سوریا لە شارەکانی سامیرە

[٢٤]ئینجا پاشای ئاشور خەڵکی لە بابل و کووتا
و عەڤا و حەمات و سەفەرڤەیمەوە هێنا و لە
شارۆچکەکانی سامیرە لە جێی نەوەی ئیسرائیل
نیشتەجێی کردن. سامیرە بووە موڵکیان و لە
شارۆچکەکانی نیشتەجێ بوون. [٢٥]لە سەرەتای
حەوانەوەیان لەوێ، لە یەزدان نەترسان، ئیتر یەزدان
شێری نارده سەریان و لێی دەکوشتن. [٢٦]هەواڵیان
گەیاندە پاشای ئاشور و گوتیان: «ئەو گەلانەی
ڕاپێچت کردوون و لە شارۆچکەکانی سامیرە
نیشتەجێت کردوون، داواکارییەکانی خوداوەندی
خاکەکە نازانن، ئەویش شێری ناردووەتە سەریان
و لێیان دەکوژێت، چونکە نازانن داواکارییەکانی
خوداوەندی خاکەکە چییە.»
[٢٧]پاشای ئاشور فەرمانی دا و گوتی: «یەکێك لەو
کاهینانەی کە لەوێوە ڕاپێچتان کردوون بینێرنە
ئەوێ، با بچێت و لەوێ نیشتەجێ بێت، یاساکانی
خوداوەندی خاکەکەیان فێر بکات.» [٢٨]ئیتر یەکێك
لەو کاهینانەی کە لە سامیرەوە ڕاپێچیان کردبوون
هات و لە بێت‌ئێل نیشتەجێ بوو، فێری کردن کە
چۆن یەزدان بپەرستن.
[٢٩]لەگەڵ ئەوەش هەر گەلە لەو شارۆچکەیەی کە
تێیدا نیشتەجێ ببوون بتیان بۆ خۆیان دروستکرد
و لە نزرگەکانی سەر بەرزایی کە سامیرەییەکان
دروستیان کردبوون دایاننان. [٣٠]جا خەڵکی بابل
سوکۆت بەنۆتیان دروستکرد، خەڵکی کووتا نێرگەلیان
دروستکرد، خەڵکی حەمات ئەشیمایان دروستکرد؛
[٣١]عەڤییەکان نیڤحەز و تەرتاقیان دروستکرد،
سەفەرڤییەکانیش کوڕەکانی خۆیان دەسووتاند
وەك قوربانی بۆ ئەدرەمەلەخ و عەنەمەلەخ، دوو
خوداوەندی شاری سەفەرڤەیم بوون. [٣٢]یەزدانیان
دەپەرست و لەنێوان خۆشیاندا کاهینیان بۆ نزرگەی
بەرزاییەکان دەستنیشان دەکرد، هەتا لە نزرگەکانی
سەر بەرزایی قوربانییەکانیان بکەن. [٣٣]یەزدانیان
دەپەرست، بەڵام خوداوەندەکانی خۆشیان
دەپەرست، وەك نەریتی ئەو گەلانەی کە لێیەوە
ڕاپێچ کرابوون.
[٣٤]هەتا ئەمڕۆش هەروەك نەریتی یەکەم جاریان
دەکەن. نە یەزدان دەپەرستن، نە ئەو فەرز و حوکم
و فێرکردن و فەرمانانەی بەجێدەهێنن کە یەزدان
دایە نەوەی یاقوب، کە ناوی لێنا ئیسرائیل. [٣٥]کاتێك
یەزدان پەیمانی لەگەڵ بەستن و فەرمانی پێ کردن
و فەرمووی: «لە خودای دیکە مەترسن و کڕنۆشیان
بۆ مەبەن و مەیانپەرستن و قوربانییان بۆ سەر
مەبڕن. [٣٦]بەڵکو دەبێت یەزدان بپەرستن، ئەوەی بە
توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە لە خاکی
میسر دەریهێنان، کڕنۆش بۆ ئەو ببەن و قوربانی بۆ
ئەو سەرببڕن. [٣٧]بەردەوام فەرز و حوکم و فێرکردن و
فەرمانەکان کە بۆی نووسین بەجێی بهێنن. خودای
دیکە مەپەرستن. [٣٨]ئەو پەیمانەش کە لەگەڵتان
بەستم لە یادی مەکەن، خودای دیکە مەپەرستن،
[٣٩]بەڵکو یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستن، ئەو لە
دەست هەموو دوژمنەکانتان فریاتان دەکەوێت.»
[٤٠]بەڵام گوێیان نەگرت، بەڵکو وەك نەریتی
پێشوویان کرد. [٤١]ئەو گەلانە یەزدانیان دەپەرست،
لە هەمان کاتیشدا خزمەتی بتەکانی خۆیان دەکرد.
هەروەها کوڕەکانیان و کوڕی کوڕەکانیشیان وەك
باوباپیرانیان دەکەن، هەتا ئەمڕۆش.

## پاشایەتی حەزقیا

١٨ لە ساڵی سێیەمی پاشایەتی هۆشێیەعی
کوڕی ئێلەی پاشای ئیسرائیل، حەزقیای
کوڕی ئاحاز بوو بە پاشای یەهودا. [٢]گەنجێکی
بیست و پێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، بیست

و نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی
ئەبیای کچی زەکەریا بوو. [٣]بە هەمان شێوەی داودی
باپیرە گەورەی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو
کردی. [٤]ئەو نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکدا، بەردە
تەرخانکراوەکانی شکاند و ستوونە ئەشێراکانی
بڕییەوە. مارە بڕۆنزییەکەی وردوخاش کرد، ئەوەی
موسا دروستی کرد، چونکە هەتا ئەو ڕۆژانەش
نەوەی ئیسرائیل بخووریان بۆ دەسووتاند و ناویان
لێ نابوو نەحوشتان.
[٥]حەزقیا پشتی بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
بەست، لەنێو هەموو پاشاکانی یەهودا کەس وەك
ئەو نەبوو، چ ئەوانەی پێش خۆی و چ ئەوانەی
دوای خۆی. [٦]دەستی بە یەزدانەوە گرت و لێی
لانەدا. فەرمانەکانی پاراست، کە یەزدان فەرمانی
بە موسا کردبوو. [٧]یەزدان لەگەڵی بوو، لە هەموو
ئەو کارانەی دەیکرد سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا،
هەروەها لە پاشای ئاشور یاخی بوو، ملکەچی نەبوو.
[٨]فەلەستییەکانیشی هەتا غەزە و سنوورەکانی بەزاند،
لە قوللەی چاودێرەکانەوە هەتا شاری قەڵابەند.
[٩]لە ساڵی چوارەمی حەزقیا پاشا، کە دەکاتە ساڵی
حەوتەمی هۆشێیەعی کوڕی ئێلەی پاشای ئیسرائیل،
شەلمەنئەسەری پاشای ئاشور لە دژی سامیرە
لەشکری جوڵاند و گەمارۆی دا. [١٠]ئاشورییەکان
لەدوای سێ ساڵ سامیرەیان گرت. لە ساڵی شەشەمی
حەزقیا کە دەکاتە ساڵی نۆیەمی هۆشێیەعی
پاشای ئیسرائیل، سامیرە داگیر کرا. [١١]ئینجا پاشای
ئاشور ئیسرائیلی ڕاپێچی ئاشور کرد و لە حەلەح و
گۆزانی کەناری ڕووباری خابوور و شارۆچکەکانی
مادی دانیان. [١٢]ئەمە لەبەر ئەوە ڕوویدا چونکە
گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگاری خۆیان نەبوون،
بەڵکو پەیمانەکەیان شکاند و هەموو ئەو شتانەی کە
موسای بەندەی یەزدان فەرمانی پێ کرد، نە گوێیان
لێ گرت و نە کاریشیان پێ کرد.
[١٣]لە ساڵی چواردەیەمی حەزقیا پاشا، سەنحێریبی
پاشای ئاشور هێرشی کردە سەر هەموو شارە
قەڵابەندەکانی یەهودا و داگیری کردن. [١٤]لەبەر ئەوە
حەزقیا پاشای یەهودا پەیامی بۆ پاشای ئاشور نارد لە
لاخیش، گوتی: «من هەڵەیەکی گەورەم کرد. لەلای
من بکشێوە، ئەوەی لەسەرم دەیسەپێنی دەیدەم.»
پاشای ئاشور سێ سەد تالنت[a] زیو و سی تالنت[b]
زێڕی لەسەر حەزقیای پاشای یەهودا سەپاند.
[١٥]حەزقیاش هەموو زیوەکانی ناو پەرستگای یەزدان
و ناو گەنجینەکانی کۆشکی پاشای دایێ.
[١٦]لەو کاتە حەزقیا پاشای یەهودا ئەو زێڕەی داڕنی
کە پەرستگای یەزدان و چوارچێوەی دەرگاکانی پێ
ڕووپۆش کردبوو، دایە پاشای ئاشور.

## هەڕەشەی سەنحێریب لە ئۆرشەلیم

[١٧]پاشای ئاشور فەرماندەی گشتی و سەرۆکی
دیوان و فەرماندەی ناوچەکەی بە سوپایەکی
گەورەوە لە لاخیشەوە ناردە سەر حەزقیای پاشا
لە ئۆرشەلیم. کاتێك سەرکەوتن و هاتن لەلای
ئاوباری گۆمەکەی سەرەوە ڕاوەستان، کە لەسەر
ڕێگای شوێنی جلشۆرینەکەیە، [١٨]بانگی پاشایان کرد،
ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیا سەرپەرشتیاری کۆشك و
شەڤنای خامەی نهێنی[c] و یۆئاحی تۆمارکار کوڕی
ئاساف چوونە دەرەوە بۆ لایان.
[١٩]فەرماندەی ناوچەکە پێی گوتن: «بە حەزقیا
بڵێن:

«”پاشای گەورە، پاشای ئاشور دەڵێت: تۆ
پشتت بە چی بەستووە؟ [٢٠]تۆ دەڵێیت کە پلان
و هێزت هەیە بۆ جەنگ، بەڵام ئەوە قسەی
پووچە. ئێستاش پشتت بە کێ بەستووە تاکو
لێم یاخی بیت؟ [٢١]وا پشتت بە پاڵپشتی ئەو
قامیشە شکاوەی میسر بەستووە، ئەوەی
کە هەرکەسێك خۆی بەسەردا بچەمێنێتەوە
لەپی دەستی بریندار دەبێت و کونی دەکات!
فیرعەونی پاشای میسر ئاوایە بۆ هەموو
ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن. [٢٢]ئەگەر پێشم

[a] ١٤ سێ سەد تالنت: نزیکەی ١٠ تەن.
[b] ١٤ سی تالنت: نزیکەی یەك تەن.
[c] ١٨ ڕازپۆش.

بڵێن: ’پشتمان بە یەزدانی پەروەردگارمان
بەستووە.‘ ئایا ئەوە ئەو نەبوو کە حەزقیا
نزرگەکانی سەر بەرزایی و قوربانگاکانی تێکدا
و بە یەهودا و ئۆرشەلیمی گوت: ’دەبێت
لەبەردەم ئەم قوربانگایە کڕنۆش ببەن کە لە
ئۆرشەلیمە‘؟
٢٣ «”ئێستاش گرەو لەگەڵ پاشای ئاشوری
گەورەم بکە، من دوو هەزار ئەسپت
دەدەمێ، ئەگەر تۆ بتوانیت بۆ خۆت سوار
لەسەریان دابنێیت! ٢٤ ئیتر چۆن دەتوانیت
تاکە ئەفسەرێك لە خزمەتکارە بچووکەکانی
گەورەکەم بگەڕێنیتەوە، تەنانەت ئەگەر پشت
بە میسریش ببەستیت بۆ گالیسکە و سوار؟
٢٥ لە کۆتاییدا ئایا من بەبێ فەرمانی یەزدان
هاتووم بۆ سەر ئەم شوێنە هەتا وێرانی بکەم؟
یەزدان خۆی پێی فەرمووم: بەسەر ئەو خاکەدا
بدە و وێرانی بکە.“»

٢٦ ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیا و شەڤنا و
یۆئاح بە فەرماندەی ناوچەکەیان گوت: «تکایە
لەگەڵ خزمەتکارەکانت بە زمانی ئارامی قسە بکە،
چونکە لێی تێدەگەین، لەبەرچاوی خەڵکەکەی سەر
شووراکە بە عیبری قسەمان لەگەڵ مەکە.»
٢٧ بەڵام فەرماندەکە وەڵامی دانەوە: «ئایا گەورەم
تەنها بۆ لای گەورەکەت و تۆی ناردووم هەتا
ئەم قسانە بکەم؟ ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر
شووراکەی نەناردووم، هەتا لەگەڵ ئێوە پیسایی
خۆیان بخۆن و میزی خۆیان بخۆنەوە؟»
٢٨ ئینجا فەرماندەکە وەستا و بە دەنگێکی بەرز بە
زمانی عیبری هاواری کرد و گوتی: «گوێ لە قسەی
پاشای گەورە بگرن، پاشای ئاشور! ٢٩ پاشا ئاوا دەڵێت:
مەهێڵن حەزقیا فریوتان بدات، چونکە ناتوانێت لە
دەستم ڕزگارتان بکات. ٣٠ مەهێڵن حەزقیا واتان لێ
بکات پشت بە یەزدان ببەستن و بڵێت: ”بێگومان
یەزدان فریامان دەکەوێت و ئەم شارە نادات دەست
پاشای ئاشور.“
٣١ «گوێ لە حەزقیا مەگرن، چونکە پاشای ئاشور
دەڵێت، ڕازی بن بە ملکەچبوون بۆ من، وەرنە
دەرەوە بۆ لام. با هەرکەسە لە مێوەکەی خۆی
و لە دار هەنجیرەکەی خۆی بخوات و ئاو لە
ئەمباراوەکەی خۆی بخواتەوە، ٣٢ هەتا ئەو کاتەی
دێم و دەتانبەمە خاکێکی وەك خاکەکەی خۆتان،
خاکی دانەوێڵە و شەرابی نوێ، خاکی نان و ڕەزەمێو،
خاکی دار زەیتوون و هەنگوین. ژیان هەڵبژێرن نەك
مردن!
«گوێ لە حەزقیا مەگرن، چونکە فریوتان دەدات
کە دەڵێت: ”یەزدان ڕزگارمان دەکات.“ ٣٣ ئایا
خوداوەندی هیچ نەتەوەیەك توانی خاکەکەی
خۆی لە دەست پاشای ئاشور ڕزگار بکات؟
٣٤ کوان خوداوەندەکانی حەمات و ئەرپاد؟ کوان
خوداوەندەکانی سفەرڤەیم و هێنەع و عیڤا؟ ئایا
فریای سامیرە کەوتن لە دەستم؟ ٣٥ کام لە هەموو
خوداوەندەکانی ئەو خاکانە توانی خاکەکەی خۆی
لە دەستی من ڕزگار بکات؟ ئیتر چۆن یەزدان فریای
ئۆرشەلیم دەکەوێت لە دەستی من؟»
٣٦ بەڵام گەل بێدەنگ بوون و بە یەك وشەش
وەڵامیان نەدایەوە، چونکە پاشا فەرمانی کردبوو:
«وەڵامی نەدەنەوە.»
٣٧ ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیای سەرپەرشتیاری
کۆشك و شەڤنای خامەی نهێنی و یۆئاحی کوڕی
ئاسافی تۆمارکار هاتنە لای حەزقیا و جلەکانیان
دادڕی بوو، قسەکانی فەرماندەی ناوچەکەیان پێی
ڕاگەیاند.

## پێشبینی ڕزگاربوونی ئۆرشەلیم

١٩ کاتێك حەزقیای پاشا گوێی لەمە بوو،
جلەکانی لەبەر خۆیدا دادڕی و بەرگی لە
گوش دروستکراوی پۆشی و چووە ناو پەرستگای
یەزدان. ٢ ئینجا ئەلیاقیمی سەرپەرشتیاری کۆشك و
شەڤنای خامەی نهێنی و کاهینانی باڵا کە هەموویان
جلوبەرگی گوشیان پۆشیبوو ناردیانە لای ئیشایا
پێغەمبەری کوڕی ئامۆچ، ٣ پێیان گوت: «حەزقیا
وا دەڵێت، ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و سەرزەنشت و

سووکایەتییە، وەك کاتێك کە کۆرپە لە سکی دایکیدا
ئامادەیە بێتە دەرەوە، بەڵام دایکەکەی هێزی پاڵدانی
نییە بۆ ئەوەی منداڵەکەی ببێت. ٤ بەڵکو یەزدانی
پەروەردگارت گوێی لە هەموو قسەکانی فەرماندەی
ناوچەکە بێت، کە گەورەکەی، پاشای ئاشور ناردی،
هەتا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات، با یەزدانی
پەروەردگارت سەرزەنشتی بکات لەسەر ئەو قسانەی
یەزدانی پەروەردگارت گوێی لێبوو. ئیتر نوێژ بکە لە
پێناوی ئەوانەی ماونەتەوە.»
٥ کاتێك خزمەتکارەکانی حەزقیای پاشا هاتنە لای
ئیشایا، ٦ ئیشایاش پێی گوتن: «بە گەورەکەتان بڵێن:
”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: لەو قسانە مەترسە کە
گوێت لێیان بوو، کە خزمەتکارەکانی پاشای ئاشور
کفریان بەرامبەر بە من کرد. ٧ گوێ بگرە! من وای لێ
دەکەم هەواڵێك ببیستێت و بگەڕێتەوە خاکەکەی
خۆی، لەوێش بە شمشێر لەناوی دەبەم.“»
٨ کاتێك فەرماندەی ناوچەکە بیستییەوە کە پاشای
ئاشور لاخیشی بەجێهێشتووە، کشایەوە، بینی پاشای
ئاشور لە دژی لیڤنا دەجەنگێت.
٩ سەنحێریب دەربارەی تیرهاقای پاشای کوش[a]
هەواڵی پێگەیشت کە لە میسرەوە لە دژی ئەو سوپای
جوڵاندووە. ئیتر گەڕایەوە و نێردراوی بۆ لای حەزقیا
نارد، گوتی: ١٠ «بە حەزقیای پاشای یەهودا بڵێن:
ڕێگا مەدە خوداوەندەکەت ئەوەی کە پشتت پێی
بەستووە فریوت بدات بەوەی کە دەڵێت: ”ئۆرشەلیم
ناکەوێتە دەست پاشای ئاشور.“ ١١ بە دڵنیاییەوە تۆ
خۆت بیستووتە کە پاشاکانی ئاشور چییان بە هەموو
خاکەکان کردووە، بە تەواوی لەناویانبردوون. ئایا تۆ
دەرباز دەبیت؟ ١٢ ئایا خوداوەندەکانی ئەو نەتەوانە
فریای ئەوان کەوتن، ئەو نەتەوانەی باوباپیرانم
لەناویانبردن، خوداوەندەکانی گۆزان و حەڕان و
ڕەچەف و نەوەی عەدەن ئەوەی لە تێلئەسار بوو؟
١٣ کوان پاشای حەمات و پاشای ئەرپاد و پاشای
شارەکانی سفەرڤەیم، هێنەع و عیڤا؟»

[a] ٩ ناوچەیەکە لە سەرووی ڕووباری نیل.

## نوێژی حەزقیا

١٤ حەزقیا نامەکەی لە دەستی نێردراوەکان
وەرگرت و خوێندییەوە. ئینجا سەرکەوت بۆ
پەرستگای یەزدان، لەبەردەم یەزدان ڕایخست.
١٥ حەزقیا نوێژی بۆ یەزدان کرد و گوتی: «ئەی
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، تۆ لەسەر تەخت
لەنێوان کەڕوبەکان دانیشتوویت،[b] تۆ بە تەنها
خودای هەموو شانشینەکانی زەویت، تۆ ئاسمان و
زەویت دروستکرد. ١٦ ئەی یەزدان، گوێ شل بکە و
ببیستە، ئەی یەزدان، چاوەکانت بکەرەوە و ببینە،
گوێ لە پەیامەکەی سەنحێریب بگرە کە ناردوونی،
هەتا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات.
١٧ «ڕاستە ئەی یەزدان، پاشاکانی ئاشور نەتەوەکان
و خاکەکانیان وێران کردووە. ١٨ خوداوەندەکانیشیان
لێ فڕێدانە ناو ئاگرەوە و لەناویانبردن، چونکە
ئەوانە خودا نەبوون، بەڵکو تەنها دار و بەرد و
دەستکردی مرۆڤ بوون. ١٩ ئێستاش ئەی یەزدانی
پەروەردگارمان، لە دەستی ئەو ڕزگارمان بکە، تاکو
هەموو شانشینەکانی زەوی بزانن کە بە تەنها تۆ،
ئەی یەزدان، خودایت.»

## پێشبینی ڕووخانی پاشایەتی سەنحێریب

٢٠ ئینجا ئیشایای کوڕی ئامۆچ ناردی بۆ لای
حەزقیا و گوتی: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
دەفەرموێت: گوێم لە نوێژەکەت بوو سەبارەت بە
سەنحێریبی پاشای ئاشور. ٢١ ئەمە ئەو فەرمایشتەیە
کە یەزدان لەسەر ئەو فەرموویەتی:

«”سییۆنی کچە[c] پاکیزە[d]
بێزت لێ دەکاتەوە و گاڵتەت پێ دەکات.

[b] ١٥ لەنێوان کەڕوبەکان: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ٢٢:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.

[c] ٢١ دەربڕینێکی خوازەیە بۆ پایتەخت، مەبەست لە هەموو دانیشتووانی شارەکەیە.

[d] ٢١ پاکیزە: مەبەست لە وڵاتێکە کە داگیر نەکراوە.

ئۆرشەلیمی کچ،
کە تۆ هەڵدێیت پێت پێدەکەنێت.
٢٢ سووکایەتی و کفرت بە کێ کرد؟
دەنگت بەسەر کێدا بەرز کردەوە و
چاوەکانت بە فیزەوە هەڵدەبڕیت؟
لەسەر خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل!
٢٣ لەسەر دەستی نێردراوەکانت
سووکایەتیت بە پەروەردگار کرد.
هەروەها دەڵێیت:
’بە زۆری گالیسکەکانمەوە
من سەرکەوتمە سەر بەرزایی چیاکان،
هەتا ئەوپەڕی لوبنان.
بەرزترین دار ئورز و
باشترین دار سنەوبەرم بڕییەوە.
چوومە ئەوپەڕی سنوورەکانی،
ناو چڕی دارستانەکانی.
٢٤ من لە خاکی بێگانەکان چەندین بیرم لێدا و
ئاوم لێیان خواردەوە.
بە بنی پێیەکانم
هەموو لقەکانی نیلم کوێر کردەوە.‘

٢٥ «”ئەی گوێت لێ نەبووە؟
من لەمێژە دیاریم کردووە،
لە ڕۆژگاری کۆنەوە نەخشەم کێشاوە،
ئێستاش دەیهێنمە دی،
کە تۆ بێیت شارە قەڵابەندەکان بڕووخێنیت،
هەتا ببنە وێرانەیەك لە کەڵەکە بەرد.
٢٦ دانیشتووانەکانیان بێ دەسەڵاتن،
ڕەنگ زەرد و شەرمەزار بوون،
بوونە گیای کێڵگە،
ڕووەکی سەوز،
گژوگیای سەربان،
هەڵبزڕکاو بەر لەوەی گەشە بکات.

٢٧ «”بەڵام من هەستان و دانیشتنت و
کاتی هاتوچۆکەت دەزانم،
هەروەها هەڵچوونت لە دژی من.
٢٨ لەبەر ئەوەی هەڵچوونت لێم و
خۆبەزلزانیت گەیشتنە گوێم،
قولاپەکەم دەخەمە لووتت و
لغاوەکەم لە لێوەکانت و
بەو ڕێگایەدا دەتنێرمەوە
کە لێوەی هاتوویت.“

٢٩ «ئەی حەزقیا، ئەمەش نیشانەیە بۆ تۆ:

«ئەم ساڵ دەغڵی خۆڕسك دەخۆن،
ساڵی دووەم ئەوەی لەوەوە بەردەگرێت،
بەڵام لە ساڵی سێیەم دەکێڵن و
دەدورنەوە و مێو دەچێنن و لە بەرەکەی
دەخۆن.
٣٠ ئەوانەی لە بنەماڵەی یەهودا دەرباز بوون و
ماونەتەوە،
جارێکی دیکە لە ژێرەوە ڕەگ دادەکوتن و لە
سەرەوەش بەر دەگرن.
٣١ چونکە ئەوانەی ماونەتەوە لە ئۆرشەلیمەوە دێنە
دەرەوە و
دەربازبووانیش لە کێوی سییۆنەوە،

دڵگەرمی یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەکات.»

٣٢ «لەبەر ئەوە یەزدان لەبارەی پاشای ئاشورەوە
ئەمە دەفەرموێت:

«نایەتە ناو ئەم شارەوە و
تیرێکیش بۆ ئەوێ ناهاوێژێت.
بە قەڵغانیشەوە لێی نایەتە پێشەوە و
سەنگەریشی لێ ناگرێت.
٣٣ نایەتە ناو ئەم شارەوە،
بەو ڕێگایەدا دەگەڕێتەوە کە پێیدا هاتووە.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣٤ بەرگری لەم شارە دەکەم و دەیپارێزم،
لە پێناوی خۆم و لە پێناوی داودی بەندەم.»

٣٥ ئیتر لەو شەوەدا فریشتەی یەزدان هات و سەد
و هەشتا و پێنج هەزار کەسی لەناو ئۆردوگای ئاشور
کوشت، بەیانی زوو کە هەستان بینییان هەموویان

لاشەی مردوون. [٣٦]ئینجا سەنحێریبی پاشای ئاشور دەستی کێشایەوە و ڕۆیشت، گەڕایەوە و لە نەینەوا مایەوە.

[٣٧]لەدوای ئەوە، کاتێك سەنحێریب لە پەرستگای نیسرۆخی خوداوەندی کڕنۆشی بردبوو، هەردوو کوڕەکەی، ئەدرەمەلەك و سەرئەچەر، بە شمشێر لێیاندا و ڕایانکرد بۆ خاکی ئاڕارات. ئیتر ئێسەرحەدۆنی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## نەخۆشکەوتنی حەزقیا

٢٠ لەو ڕۆژانەی[a] حەزقیا نەخۆش کەوت، لە سەرە مەرگ بوو، ئیشایا پێغەمبەر کوڕی ئامۆچ هات بۆ لای و پێی گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: وەسیەت بۆ ماڵەکەت بکە، چونکە دەمریت و ناژیت.»

[٢]حەزقیا ڕووی لە دیوارەکە کرد و نوێژی بۆ یەزدان کرد، گوتی: [٣]«ئای یەزدان، ئەوەت لەیاد بێت کە چۆن بە دڵسۆزی و پڕ بە دڵ دۆستایەتیم کردیت، ئەوەی پێت باش بوو کردم.» ئینجا حەزقیا بەکوڵ گریا.

[٤]بەر لەوەی ئیشایا هەیوانی کۆشکەکە بەجێبهێڵێت، فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، فەرمووی: [٥]«بگەڕێوە و بە حەزقیای فەرمانڕەوای گەلەکەم بڵێ: ”یەزدان، پەروەردگاری داودی باپیرە گەورەت ئەمە دەفەرموێت: گوێم لە پاڕانەوەکەت بوو و فرمێسکەکانتم بینی، ئێستا چاکت دەکەمەوە و لە ڕۆژی سێیەم دەچیتە پەرستگای یەزدان. [٦]پازدە ساڵ لە تەمەنت زیاد دەکەم و لە دەستی پاشای ئاشور فریای خۆت و ئەم شارەش دەکەوم، لە پێناوی خۆم و لە پێناوی داودی بەندەم بەرگری لەم شارە دەکەم.“»

[٧]ئینجا ئیشایا گوتی: «نیوەلمەکێك[b] لە هەنجیر دروستبکەن.» ئەوانیش هێنایان و خستیانە سەر دومەڵەکە و چاك بووەوە.

[٨]حەزقیا لە ئیشایای پرسی بوو: «ئەو نیشانەیە چییە کە یەزدان چاکم دەکاتەوە و لە ڕۆژی سێیەم دەچمە پەرستگای یەزدان؟»

[٩]ئیشایا وەڵامی دایەوە: «یەزدان ئەو شتە دەکات کە پێشتر بەڵێنی پێدابووی. ئەمە لەلایەن یەزدانەوە نیشانەیە بۆت: ئایا دەتەوێ سێبەر دە پلە بچێتە پێش یان دە پلە بگەڕێتەوە دواوە؟»[c]

[١٠]حەزقیاش گوتی: «بۆ سێبەر ئاسانە دە پلە بچێتە پێش. کەواتە وا بکە دە پلە بگەڕێتەوە دواوە.»

[١١]ئینجا ئیشایای پێغەمبەر نزای بۆ یەزدان کرد و ئەویش دە پلە سێبەری گەڕاندەوە دواوە، بەپێی پلەبەندییەکەی ئاحاز پێی هاتە خوارەوە.

## نێردراوانی بابل

[١٢]لەو کاتەدا مەرۆدەخ بەلەدانی کوڕی بەلەدانی پاشای بابل نامە و دیاری بۆ حەزقیا نارد، چونکە بیستی کە حەزقیا نەخۆش کەوتووە. [١٣]حەزقیا پێشوازی لێکردن و هەموو ماڵ و سامانەکەی پیشان دان، لە زێڕ و زیو و بۆن و زەیتی چاك و جبەخانەکەی و هەموو ئەو شتانەی کە لە گەنجینەکانی بوون. هیچ شتێك لە کۆشکەکەی و لە شانشینەکەی نەمایەوە کە حەزقیا پیشانیان نەدات.

[١٤]ئینجا ئیشایا پێغەمبەر هاتە لای حەزقیای پاشا و لێی پرسی: «ئەو پیاوانە چییان گوت و لەکوێوە هاتوونەتە لات؟»

حەزقیاش وەڵامی دایەوە: «لە خاکێکی دوورەوە، لە بابلەوە هاتوون.»

[١٥]ئیشایا لێی پرسی: «چییان لە کۆشکەکەت بینی؟»

حەزقیاش وەڵامی دایەوە: «هەموو شتەکانی ناو کۆشکەکەمیان بینی، لە گەنجینەکانم هیچ نەمایەوە کە پیشانیان نەدەم.»

[١٦]ئینجا ئیشایا بە حەزقیای گوت: «گوێ لە

[a] ١ ڕووداوەکانی بەشی بیست لەپێش ڕووداوەکانی بەشەکانی ١٩–٢٠ ڕوویانداوە.

[b] ٧ نیوەنمەك.

[c] ٩ پلەبەندییەك ڕێکخراوە بۆ زانینی کات بەگوێرەی خۆر.

پەیامی یەزدان بگرە، [17]یەزدان دەفەرمووێت: بێگومان سەردەمێك دێت هەموو ئەوەی لە کۆشکەکەتدایە و هەموو ئەوەی باوباپیرانت هەتا ئەمڕۆ پاشەکەوتیان کردووە بۆ بابل بار دەکرێن، هیچ شتێك بەجێناهێڵدرێت. [18]لە نەوەکانیشت، ئەوانەی لە تۆ دەبن، ئەوانەی بۆت لەدایك دەبن، لێیان دەبردرێت و لە کۆشکی پاشای بابل دەبنە کاربەدەستی خەسێنراو.»

[19]حەزقیا وەڵامی ئیشایای دایەوە و گوتی: «ئەو پەیامەی یەزدان کە بە منت دا، پەیامێکی باشە.» چونکە لەبیری خۆیدا گوتی: «ئایا ئاشتی و ئاسوودەیی لە ماوەی پاشایەتی خۆمدا نابێت؟»

[20]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی حەزقیا، هەموو دەستکەوتەکانی و چۆن گۆمەکە و جۆگەکەی[a] دروستکرد و ئاوی هێنایە ناو شارەکەوە لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[21]حەزقیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، ئیتر مەنەشەی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی مەنەشە

٢١ مەنەشە کوڕێکی دوازدە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، پەنجا و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی حەفچیڤا بوو. [2]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، وەك نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون. [3]جا گەڕایەوە و ئەو نزرگانەی سەر بەرزایی بنیاد ناوە کە حەزقیای باوکی وێرانی کردبوون، هەروەها چەند قوربانگایەکی بەعلی دانا و ستوونە ئەشێرایەکی دروستکرد، وەك ئەوەی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل دروستی کردبوو، کڕنۆشی بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان برد و ئەوانی پەرست. [4]چەند قوربانگایەکیشی لە پەرستگای یەزدان بنیاد نا، ئەوەی یەزدان فەرمووی، «ناوی خۆم لە ئۆرشەلیم دادەنێم.» [5]لە هەردوو حەوشەکەی پەرستگای یەزدان قوربانگای بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان بنیاد نا. [6]کوڕەکەشی وەك قوربانی سووتاند، بەختی خوێندەوە و فاڵی گرتەوە، نێوانگر[b] و ڕۆح ئامادەکاری[c] بەکارهێنا، لەبەرچاوی یەزدان خراپەی زیاتریشی کرد بۆ پەستکردنی.

[7]ئەو ستوونە ئەشێرایەش کە دروستی کرد و نەخشی لەسەر هەڵکەند، لەناو ئەو پەرستگایە داینا کە یەزدان لەبارەیەوە بە داود و سلێمانی کوڕی فەرمووبوو: «لەم پەرستگایە و لە ئۆرشەلیم ئەوەی لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هەڵمبژاردووە بۆ هەتاهەتایە ناوی خۆمی تێدا دادەنێم. [8]جارێکی دیکە وا ناکەم ئیسرائیل ئەو خاکە بەجێبهێڵێت کە بۆ باوباپیرانیان دیاریم کرد، تەنها ئەگەر ئاگاداربن لە جێبەجێکردنی هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون، لەگەڵ هەموو ئەو تەوراتەی کە موسای بەندەم فەرمانی پێ کردوون.» [9]بەڵام ئەوان گوێیان نەگرت. مەنەشە گومڕای کردن، هەتا لەو گەلانە خراپتر بکەن کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا قڕی کردن.

[10]یەزدان لە ڕێگەی بەندە پێغەمبەرەکانییەوە فەرمووی: [11]«لەبەر ئەوەی مەنەشەی پاشای یەهودا ئەم کردەوە قێزەونانەی کردووە، خراپتریشی کرد لە هەموو ئەوەی ئەمورییەکانی پێش خۆی کردیان، بەهۆی بتەکانییەوە یەهوداشی تووشی گوناە کرد. [12]لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل وای فەرموو: "ئەوەتا من بەڵایەك بەسەر ئۆرشەلیم و یەهودا دەهێنم کە هەرکەس بیبیستێتەوە گوێی بزرنگێتەوە. [13]هەمان گوریس کە بۆ پێوانەی سامیرە و هەمان شاووڵ کە بۆ پێوانی ماڵی ئەحاڤ بەکارمهێنا بەسەر ئۆرشەلیمدا ڕایدەکێشمەوە. هەروەك چۆن یەکێك قاپێك دەسڕێتەوە و سەرەونخوونی دەکات

[a] ٢٠ کەناڵێکی ئاوگواستنەوەی بە درێژایی ٥٢٠ مەتر لە بەرد لەژێر زەوی دروستکردووە. سەرچاوەی ئاوەکەی لە کانی گیحۆن بووە لە دەرەوەی شوورای شاری ئۆرشەلیم، ئاوەکەی بۆ گۆمی سیلوام ڕاکێشاوە.

[b] ٦ نێوانگر: لێرە بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا.

[c] ٦ ڕۆح ئامادەکار بەو کەسە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکات. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣؛ ٨-٩.

ئاوا ئۆرشەلیم دەسڕمەوە. ١٤پاشماوەی میراتەکەم ڕەت دەکەمەوە و دەیاندەمە دەست دوژمنەکانیان، دەبنە دەستکەوت و تاڵانی بۆ هەموو دوژمنانیان، ١٥چونکە لەو ڕۆژەوەی کە باوباپیرانیان لە میسرەوە هاتوونەتە دەرەوە لەبەرچاوی من خراپەیان کرد، هەتا ئەمڕۆش پەستم دەکەن.”»

١٦هەروەها مەنەشە خوێنێکی بێتاوانی زۆر زۆری ڕشت، تاکو ئۆرشەلیمی پڕکرد، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر، بێجگە لەو گوناهەی کە وای لە یەهودا کرد لەبەرچاوی یەزدان خراپە بکەن.

١٧ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی مەنەشە و هەموو ئەوەی کردی و گوناهەکانی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

١٨مەنەشە لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە باخچەی کۆشکەکەی، لە باخچەی عوزە نێژرا. ئیتر ئامۆنی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئامۆن

١٩ئامۆن گەنجێکی بیست و دوو ساڵان بوو کاتێک بوو بە پاشا، دوو ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی مەشولەمەتی کچی حاروچی خەڵکی یۆتڤا بوو. ٢٠ئەمیش وەک مەنەشەی باوکی لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد. ٢١هەموو ئەو ڕێگایانەی گرتەبەر کە باوکی پەیڕەوی کردبوون، ئەو بتانەی پەرست کە باوکی دەیپەرستن، کڕنۆشی بۆ بردن. ٢٢وازی لە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانی خۆی هێنا و ڕێبازی یەزدانی پەیڕەو نەکرد.

٢٣پاشان خزمەتکارەکانی ئامۆن پیلانیان لە دژی گێڕا و پاشایان لە کۆشکەکەی خۆی کوشت. ٢٤ئینجا گەلی خاکەکە هەموو پیلانگێڕەکانی ئامۆن پاشایان کوشت، هەروەها یۆشیای کوڕییان لە جێی ئەو کردە پاشا.

٢٥ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئامۆن و ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

٢٦ئامۆن لە گۆڕەکەی خۆی لە باخچەی عوزە ناشتیان. ئیتر یۆشیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## دۆزینەوەی پەڕتووکی تەورات

٢٢ یۆشیا کوڕێکی هەشت ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سی و یەک ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی یەدیدای کچی عەدایای خەڵکی بۆچقەت بوو. ٢یۆشیا ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی یەزدان کردی، بە تەواوی ڕێبازەکەی داودی باپیرە گەورەی پەیڕەو کرد، بەلای ڕاست و چەپدا لای نەدا.

٣لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتییەکەی، پاشا شافانی خامەی نهێنی کوڕی ئەچەلیاهوی کوڕی مەشولامی نارده پەرستگای یەزدان، گوتی: ٤«بڕۆ لای حیلقیای سەرۆکی کاهین، با ئەو زیوە بژمێرێت کە خراوەتە ناو پەرستگای یەزدانەوە، ئەوەی دەرگەوانەکان لەنێو گەل کۆیان کردووەتەوە. ٥با بدرێتە دەست سەرپەرشتیارەکانی کارەکەی پەرستگای یەزدان، ئەوانیش بیدەنە ئەو کرێکارانەی داڕووخاوییەکانی پەرستگای یەزدان چاک دەکەنەوە، ٦دارتاش و وەستا و نەقاڕەکان. با دار و بەردی تاشراو بۆ نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکە بکڕن. ٧بەڵام هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵ نەکرێت سەبارەت بەو زیوەی خرایە دەستیان، چونکە بە دەستپاکییەوە کار دەکەن.»

٨ئینجا حیلقیای سەرۆک کاهین بە شافانی خامەی نهێنی گوت: «لە پەرستگای یەزدان پەڕتووکی تەوراتم دۆزیوەتەوە.» حیلقیا پەڕتووکەکەی دایە شافان و ئەویش خوێندییەوە. ٩پاشان شافانی خامەی نهێنی پەڕتووکەکەی بۆ لای پاشا برد و پێی ڕاگەیاند: «کاربەدەستەکانت زیوی ناو پەرستگاکەیان بەتاڵ کرد و دایانە دەست ئەوانەی کارەکە دەکەن، سەرپەرشتیارانی پەرستگای یەزدان.» ١٠هەروەها شافانی خامەی نهێنی بە پاشای ڕاگەیاند و گوتی: «حیلقیای کاهین پەڕتووکێکی دامێ.» ئینجا شافان لەبەردەم پاشا خوێندییەوە.

[١١]کاتێك پاشا گوێی لە وشەکانی پەڕتووکی تەورات بوو، جلەکانی لەبەر خۆی دادڕی. [١٢]ئینجا پاشا فەرمانی بە حیلقیای کاهین و ئەحیقامی کوڕی شافان و عەکبۆری کوڕی میخایو و شافانی خامەی نهێنی و عەسایای خزمەتکاری پاشا کرد و گوتی: [١٣]«بڕۆن و لە جیاتی من و ئەم گەلە و لە جیاتی هەموو یەهودا پرسیار لە یەزدان بکەن، سەبارەت بە پەیامی ئەم پەڕتووکەی کە دۆزراوەتەوە، چونکە ئەو تووڕەییەی یەزدان کە بەسەرماندا گڕی گرتووە مەزنە، لەبەر ئەوەی باوباپیرانمان گوێیان لە وشەکانی ئەم پەڕتووکە نەگرت هەتا هەموو ئەوەی لەسەرمان نووسراوە پەیڕەوی بکەن.»

[١٤]ئینجا حیلقیای کاهین و ئەحیقام و عەکبۆر و شافان و عەسایا چوونە لای حولدای پێغەمبەر کە ژنی شەلومی کوڕی تیقڤای کوڕی حەرحەسی لێپرسراوی جلوبەرگەکانی پەرستگا بوو، ئەو لە گەڕەکی دووەمی ئۆرشەلیم دەژیا، ئیتر قسەیان لەگەڵی کرد.

[١٥]ئەویش پێی گوتن: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بەو پیاوە بڵێن کە ئێوەی بۆ لای من ناردووە، [١٦]”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من وا بەڵا بەسەر ئەم شوێنە و دانیشتووانەکەی دەهێنم، بەپێی هەموو ئەوەی لەو پەڕتووکە نووسراوە کە پاشای یەهودا خوێندییەوە. [١٧]لەبەر ئەوەی وازیان لێ هێنام و بخووریان بۆ خوداکانی دیکە سووتاند، هەتا بە هەموو کارەکانی دەستیان پەستم بکەن، تووڕەییم بەسەر ئەم شوێنەدا گڕ دەگرێت و ناکوژێتەوە.“ [١٨]بەڵام بە پاشای یەهودا ئەوەی ئێوەی ناردووە پرسیار لە یەزدان بکەن بڵێن، ”یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل سەبارەت بەو وشانەی گوێت لێ بوو ئەوە دەفەرموێت: [١٩]لەبەر ئەوەی کاتێك گوێت لە پەیامەکەم بوو لە دژی ئێوە کە ئەم شوێنە وێران دەکەم و دانیشتووانەکەی دەبنە مایەی نەفرەت، لەبەردەم یەزدان دڵت نەرم بوو و خۆتت نزم کردەوە، جلەکانت لەبەر خۆتدا دادڕی و لەبەردەمم گریایت، هەروەها منیش گوێم لێت بوو. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. [٢٠]لەبەر ئەوە من وا دەتخەمە پاڵ باوباپیرانت، جا بە ئاشتییەوە لە گۆڕەکەت دەنرێیت. ئەو هەموو کارەساتە بە چاوی خۆت نابینی کە من بەسەر ئەم شوێنەی دەهێنم.“»

ئەوانیش وەڵامەکەیان بۆ پاشا بردەوە.

## پەیمان نوێکردنەوەی یۆشیا

٢٣ ئینجا پاشا ناردی و هەموو پیرانی یەهودا و ئۆرشەلیمی کۆکردەوە. [٢]لەگەڵ هەموو گەلی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم، کاهین و پێغەمبەرەکان و هەموو گەل لە گەورەوە هەتا بچووك چوونە پەرستگای یەزدان. لەبەردەمیان تەواوی وشەکانی پەڕتووکی پەیمانی خوێندەوە، ئەوەی لە پەرستگای یەزدان دۆزرایەوە. [٣]پاشا لەلای کۆڵەکەکە ڕاوەستا و لەبەردەم یەزدان پەیمانی دا[a] کە دوای یەزدان بکەوێت و بە هەموو دڵ و گیانییەوە فەرمان و یاسا و فەرزەکانی بەجێبهێنێت، بۆ ئەوەی وشەکانی ئەم پەیمانەی لەم پەڕتووکەدا نووسراوە پەیڕەو بکرێت، هەموو گەلیش پابەندی پەیمانەکە بوون.

[٤]ئینجا پاشا فەرمانی دا بە حیلقیای سەرۆك کاهین و کاهینەکانی کۆمەڵی دووەم و دەرگاوانەکان کە هەموو ئەو قاپوقاچاغانەی بۆ بەعل و ئەشێرا و هەموو هێزەکانی ئاسمان دروستکراون، لە پەرستگای یەزدان ببەنە دەرەوە و لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لە کێڵگەکانی دۆڵی قدرۆن بیانسووتێنن و خۆڵەمێشەکەشی ببەنە بێتئێل. [٥]خزمەتکارانی بتەکانیشی نەهێشت کە پاشاکانی یەهودا دایاننابوون هەتا لە نزرگەکانی سەر بەرزایی و لە شارۆچکەکانی یەهودا و دەوروبەری ئۆرشەلیم بخوور بسووتێنن، ئەوانەی بۆ بەعل و خۆر و مانگ و کەلووەکان و هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان بخووریان دەسووتاند. [٦]ئەو ستوونە ئەشێرایەشی لە

[a] ٣ ئەم پەیمان بەستنە وەك نوێکردنەوەی پەیمانە کۆنەکەیە کە یەزدان لەگەڵ موسا و گەلەکەی بەستبووی، بڕوانە دەرچوون ٢٤:٣-٨.

پەرستگای یەزدانەوە بردە دۆڵی قدرۆن لە دەرەوەی
ئۆرشەلیم و لەوێ سووتاندی، کوتای هەتا بووە خۆڵ،
خۆڵەکەشی بەسەر گۆڕی مردووانی خەڵکەکە بە
با کرد. ٧ماڵی پیاوە لەشفرۆشەکانیشی ڕووخاند کە
لەناو پەرستگای یەزدان بوون، ئەوەی کە ژنان لەوێ
پەردەیان بۆ بتە ئەشێراکە دەچنی.

٨یۆشیا هەموو کاهینەکانی لە شارۆچکەکانی
یەهوداوە هێنا و ئەو نزرگانەی سەر بەرزایی
گڵاوکرد کە کاهینەکان لەوێ بخووریان دەسووتاند،
لە گەڤعەوە هەتا بیری شابەع. نزرگەکانی
دەروازەکانیشی ڕووخاند، ئەوەی لە دەروازەی
دەرگای یەشوعی فەرمانڕەوای شارەکە کە دەکەوتە
لای چەپی دەروازەی شارەکە بوو. ٩هەرچەندە
کاهینی نزرگەکانی سەر بەرزایی بۆیان نەبوو
بچنە قوربانگای یەزدان لە ئۆرشەلیم، بەڵام لەگەڵ
براکانیان نانی فەتیرەیان خوارد.

١٠ئینجا تۆفەتی دۆڵی بەن‌هینۆمی گڵاوکرد بۆ
ئەوەی کەس کوڕەکەی یان کچەکەی بۆ مۆلەخ[a]
وەك قوربانی نەسووتێنێت. ١١ئەو پەیکەری
ئەسپانەش کە پاشاکانی پێشووی یەهودا بۆ
خۆر تەرخانیان کردبوو، لە دەروازەی پەرستگای
یەزدان ڕایماڵین. لە حەوشەکەی نزیك ژوورەکەی
ناتان‌مەلەخی کاربەدەست بوون. پاشان یۆشیا
گالیسکە تەرخانکراوەکانیشی بە ئاگر سووتاند، کە بۆ
پەرستنی خۆر بەکاردەهێنران.

١٢ئەو قوربانگایانەشی تێکدا کە پاشاکانی یەهودا
لە سەربانی ژووری سەرەوەی ئاحاز دروستیان
کردبوو، هەروەها ئەو قوربانگایانەی کە مەنەشە
لە هەردوو حەوشەکەی پەرستگای یەزدان بنیادی
نابوون. پاشا لەوێش دووری خستنەوە، وردوخاشی
کردن و دار و بەردەکەیان لە دۆڵی قدرۆن بە با کرد.
١٣ئەو نزرگانەی سەر بەرزاییش کە لە ڕۆژهەڵاتی
ئۆرشەلیمن لەلای باشووری گردی گەندەڵین،
ئەوانەی کە سلێمانی پاشای ئیسرائیل بنیادی نان
بۆ عەشتۆرەتی خواژنە قێزەونی سەیدائییەکان
و کەمۆشی خوداوەندی قێزەونی مۆئابییەکان و
مۆلەخی خوداوەندی قێزەونی عەمۆنییەکان، پاشا
هەموویانی گڵاوکرد. ١٤یۆشیا بەردە تەرخانکراوەکانی
شکاند و ستوونە ئەشێراکانی بڕییەوە، شوێنەکانی بە
ئێسکی خەڵك پڕکردەوە.

١٥هەروەها ئەو قوربانگایەی لە بێت‌ئێلە، ئەو
نزرگەیەی سەر بەرزایی کە یارۆڤعامی کوڕی نەڤات
دروستی کرد، ئەوەی بەهۆیەوە ئیسرائیلی تووشی
گوناه کرد، یۆشیا ئەو قوربانگایە و ئەو نزرگەیەی
سەر بەرزاییشی ڕووخاند، نزرگەکەی سووتاند
و کوتای هەتا بووە خۆڵ، ستوونە ئەشێراکەشی
سووتاند. ١٦ئینجا یۆشیا ئاوڕی دایەوە و ئەو گۆڕانەی
بینی کە لەوێ لە چیاکە بوون، ناردی و ئێسکەکانی
لە گۆڕەکانەوە برد و لەسەر قوربانگاکە سووتاندنی
و گڵاوی کرد، بەپێی ئەو فەرمایشتەی یەزدان
کە پیاوەکەی خودا بانگەوازی پێی کرد، ئەوەی
بانگەوازی بەم فەرمایشتە کرد.

١٧ئینجا پاشا پرسیاری کرد: «ئەو کێلە قەبرە چییە
لەوێ دەیبینم؟»

پیاوانی شارەکەش گوتیان: «ئەوە گۆڕی ئەو
پیاوەی خودایە کە لە یەهوداوە هات و هەموو ئەو
شتانەی ڕاگەیاند کە تۆ لە دژی قوربانگاکەی بێت‌ئێل
کردت.»

١٨پاشا گوتی: «لێیگەڕێن، کەس ئێسکەکانی
نەجوڵێنێت.» جا وازیان لە ئێسکەکانی ئەو هێنا
لەگەڵ ئێسکەکانی ئەو پێغەمبەرەی کە لە سامیرەوە
هاتبوو.

١٩هەروەها یۆشیا هەموو نزرگەکانی سەر بەرزایی
کە شارۆچکەکانی سامیرە بوون، ئەوانەی پاشاکانی
ئیسرائیل بۆ پەستکردنی یەزدان دروستیان کردبوو،
تێکی دان و هەموو ئەوەی پێکردن کە لە بێت‌ئێل
کردبووی. ٢٠هەموو کاهینەکانی نزرگەکانی سەر
بەرزاییش کە لەوێ بوون لەسەر قوربانگاکان سەری

---

[a] ١٠ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣:٢٨.

برین، ئێسکی مرۆڤی لەسەر قوربانگاکان سووتاندن، پاشان گەڕایەوە ئۆرشەلیم.

[٢١]پاشا فەرمانی بە هەموو گەل دا و گوتی: «جەژنی پەسخە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان بکەن، وەک ئەوەی لەم پەڕتووکی پەیماندا نووسراوە.» [٢٢]جەژنی پەسخەی ئاوا نەکراوە، نە لە سەردەمی ڕابەران کە دادوەرییێتی ئیسرائیلیان کردووە و نە لە هەموو سەردەمەکانی پاشاکانی ئیسرائیل و پاشاکانی یەهودا. [٢٣]بەڵام لە ساڵی هەژدەیەمینی یۆشیای پاشا ئەم جەژنەی پەسخە لە ئۆرشەلیم بۆ یەزدان گێڕدرا.

[٢٤]هەروەها یۆشیا هەموو نێوانگر و ڕۆح ئامادەکار و پەیکەر و بت و هەموو پەیکەرە قێزەونەکان کە لە خاکی یەهودا و لە ئۆرشەلیم دەبینران لەناوی بردن، بۆ ئەوەی دەقی ئەو فێرکردنانە پەیڕەو بکات کە لەناو ئەو پەڕتووکە نووسراون کە حیلقیای کاهین لە پەرستگای یەزدان دۆزییەوە. [٢٥]هیچ پاشایەک لەپێش خۆی وەکو یۆشیا نەبوو، کە بە هەموو دڵ و گیان و هێزییەوە بگەڕێتەوە لای یەزدان، بەپێی هەموو تەوراتی موسا، لەپاش ئەویش کەسی وەک خۆی نەبوو.

[٢٦]بەڵام گڕی تووڕەییە مەزنەکەی یەزدان دانەمرکایەوە، چونکە تووڕەییەکەی بەسەر یەهوداوە گڕی گرتبوو بەهۆی هەموو ئەو کارانەی کە مەنەشە یەزدانی پێ پەست کردبوو. [٢٧]ئیتر یەزدان فەرمووی: «هەروەها یەهوداش لەبەردەمم لادەبەم، هەروەک چۆن ئیسرائیلم لابرد، ئەم شارەش کە هەڵمبژارد، ئۆرشەلیم، لەگەڵ ئەو پەرستگایەی کە گوتم: ”ناوی من لەوێ دەبێت،“[a] ڕەتیان دەکەمەوە.»

[٢٨]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یۆشیا و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[٢٩]لە ماوەی پاشایەتی یۆشیا، نەخوی فیرعەونی میسر چوو لەلای ڕووباری فورات یارمەتی پاشای ئاشور بدات. یۆشیا پاشا چوو بەرەنگاری بێتەوە، بەڵام نەخو لە مەگیدۆ ڕووبەڕووی بووەوە و کوشتی.

[a] ٢٧ بڕوانە یەکەم پاشایان ٨:٢٩.

[٣٠]خزمەتکارەکانی بە مردوویی لە مەگیدۆوە خستیانە ناو گالیسکەوە و هێنایانە ئۆرشەلیم، لە گۆڕەکەی خۆیدا ناشتیان. ئینجا گەلی خاکەکە یەهۆئاحازی کوڕی یۆشیایان برد و دەستنیشانیان کرد، لە جێی باوکی کردیانە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆئاحاز

[٣١]یەهۆئاحاز گەنجێکی بیست و سێ ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سێ مانگ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی حەموتەلی کچی یەرمیا بوو، خەڵکی لیڤنا بوو. [٣٢]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، هەروەک ئەوەی باوباپیرانی کردیان. [٣٣]جا نەخوی فیرعەون لە ڕیڤلە لە خاکی حەمات بەندی کرد، هەتا لە ئۆرشەلیم پاشایەتی نەکات. هەروەها سەرانەی بەسەر یەهودا سەپاند، سەد تالنت زیو[b] و تالنتێک زێڕ[c]. [٣٤]هەروەها نەخوی فیرعەون ئەلیاقیمی کوڕی یۆشیای لە جێی یۆشیای باوکی کردە پاشا و ناوەکەی گۆڕی بۆ یەهۆیاقیم، یەهۆئاحازیشی بردە میسر و لەوێ مرد. [٣٥]یەهۆیاقیم بۆ ئەوەی زێڕ و زیوەکە بداتە فیرعەون کە داوای لێی کردبوو باجی خستە سەر خاکەکە بۆ کۆکردنەوەی زێڕ و زیو لە خەڵکەکە بەگوێرەی توانایان، ئەو زێڕ و زیوە بدەنە نەخوی فیرعەون.

## پاشایەتی یەهۆیاقیم

[٣٦]یەهۆیاقیم گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یازدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی زەڤیدای کچی پەدایا بوو، خەڵکی ڕومە بوو. [٣٧]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، هەروەک ئەوەی باوباپیرانی کردیان.

٢٤ لە ماوەی پاشایەتی یەهۆیاقیم نەبوخودنەسری پاشای بابل هێرشی کردە سەری، یەهۆیاقیم سێ ساڵ ملکەچی بوو، بەڵام پاشان هەڵگەڕایەوە و لێی یاخی بوو. [٢]جا یەزدان

[b] ٣٣ کەمێک زیاتر لە ٣,٤ تەنی زیو دەبوو.

[c] ٣٣ تالنتێک: نزیکەی ٣,٤ کیلۆگرام.

چەتەکانی بابلی و ئارامی و مۆئابی و عەمۆنییەکانی نارده سەری، ئەوانی نارده سەر یەهودا هەتا بەپێی ئەو وشەیەی یەزدان کە لەسەر دەستی بەندە پێغەمبەرەکانی فەرمووبووی لەناوی ببەن. [٣]بێگومان ئەوەش بەپێی فەرمانی یەزدان بوو لەسەر یەهودا، هەتا بەهۆی گوناهەکانی مەنەشەوە لەبەردەمی خۆی لایانببات، بەهۆی هەموو ئەوەی کردی. [٤]هەروەها بەهۆی ئەو خوێنە بێتاوانەی کە ڕشتی و ئۆرشەلیمیشی پڕکرد لە خوێنی بێتاوان، ئینجا یەزدان نەیویست ببەخشێت.

[٥]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆیاقیم و هەموو ئەوەی کردی لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا تۆمار کراون.

[٦]یەهۆیاقیم لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، ئیتر یەهۆیاکینی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

[٧]پاشای میسریش جارێکی دیکە لە خاکەکەی خۆی دەرنەچوو، چونکە پاشای بابل لە دۆڵی میسرەوە هەتا ڕووباری فوراتی داگیر کردبوو، هەموو ئەو خاکەی کە هی پاشای میسر بوو.

## پاشایەتی یەهۆیاکین

[٨]یەهۆیاکین گەنجێکی هەژدە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سێ مانگ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکیشی ناوی نەحوشتای کچی ئەلناتان بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. [٩]ئەمیش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، هەروەك هەموو ئەوەی باوکی کردبووی.

[١٠]لەو کاتەدا ئەفسەرەکانی نەبوخودنەسری پاشای بابل چوونە سەر ئۆرشەلیم و شارەکەیان گەمارۆ دا. [١١]ئینجا نەبوخودنەسری پاشای بابل خۆی هاتە سەر شارەکە، لە کاتێکدا ئەفسەرەکانی گەمارۆیان دابوو. [١٢]یەهۆیاکینی پاشای یەهودا لەگەڵ دایکی و خزمەتکارەکانی و میرەکانی و کاربەدەستانی خۆیان ڕادەستی پاشای بابل کرد.

لە ساڵی هەشتەمی پاشایەتی نەبوخودنەسر پاشای بابل، یەهۆیاکینی دەستگیر کرد. [١٣]پاشان نەبوخودنەسر هەموو گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشای بەتاڵ کرد، هەموو ئەو قاپوقاچاغە زێڕینانەشی برد کە سلێمانی پاشای ئیسرائیل لە پەرستگای یەزدان دروستی کردبوون، هەروەك یەزدان فەرمووی. [١٤]هەموو ئۆرشەلیمی ڕاپێچ کرد: و هەموو ئەفسەر و جەنگاوەرەکان و پیشەوەر و ئاسنگەرەکانی ڕاپێچ کرد، دە هەزار ڕاپێچکراو بوون، کەس نەمایەوە جگە لە ڕەشوڕووتەکانی گەلی خاکەکە.

[١٥]نەبوخودنەسر یەهۆیاکینیشی ڕاپێچی بابل کرد، لەگەڵ دایکی پاشا و ژنەکانی پاشا و کاربەدەستەکانی و ڕابەرانی خاکەکە، لە ئۆرشەلیم بە دیلی گرتن و بۆ بابل ڕاپێچی کردن. [١٦]هەروەها پاشای بابل هەموو جەنگاوەرە تواناداره‌کانی دەستگیر کرد کە ژمارەیان حەوت هەزار بوو، هەروەها پیشەوەر و زێڕنگەرە شارەزاکانیش هەزار کەس بوون، هەموو پاڵەوانەکانی جەنگی ڕاپێچی بابل کرد. [١٧]پاشای بابل مەتەنیای مامی یەهۆیاکینی لە جێیەکەی کردە پاشا و ناوەکەشی گۆڕی بۆ سدقیا.

## پاشایەتی سدقیا

[١٨]سدقیا گەنجێکی بیست و یەك ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یازدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکی ناوی حەموتەلی کچی یەرمیای خەڵکی لیڤنا بوو. [١٩]ئەمیش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، وەك هەموو ئەوەی یەهۆیاقیم کردی. [٢٠]لەبەر تووڕەیی یەزدان بوو کە ئەمانە لە ئۆرشەلیم و لە یەهودا ڕوویدا، هەتا ئەوەی لەبەردەم خۆیدا دەریکردن.

## کەوتنی ئۆرشەلیم

ئەوە بوو سدقیا لە پاشای بابل یاخی بوو.

## ٢٥

ئیتر لە دەی مانگی دەی ساڵی نۆیەمی[a]
پاشایەتی سدقیا، نەبوخودنەسری پاشای
بابل هەموو سوپاکەی بەرەو ئۆرشەلیم جوڵاند و
لەوێ ئۆردوگای دامەزراند، لە چواردەوری قوڵلەی
بنیاد نا. [٢]هەتا ساڵی یازدەیەمی پاشایەتی سدقیا
شارەکە لەژێر گەمارۆدا بوو. [٣]لە نۆی چواردا
قاتوقڕی لە شارەکە هێندە سەخت بوو کە نان
نەبوو گەلی خاکەکە بیخۆن. [٤]ئینجا شوورای شارەکە
شکێنرا و هەموو جەنگاوەرەکان بە شەو بە ڕێگای
دەروازەکەی نێوان دوو شووراکەی بەرامبەر باخچەی
پاشادا هەڵاتن، هەرچەندە بابلییەکان لە چواردەوری
شارەکە بوون. پاشا و ئەوانەی لەگەڵی بوون بە
ڕێگای عەراڤادا[b] هەڵاتن، [٥]بەڵام سوپای بابلییەکان
بەدوای پاشا کەوتن، لە دەشتی ئەریحا پێی گەیشتن.
هەموو سوپاکەی پەرتەوازە بوو، [٦]جا پاشایان بە
دیل گرت. بردییانە لای پاشای بابل لە ڕیڤلە، لەوێ
دادگاییان کرد. [٧]کوڕەکانی سدقیایان لەبەرچاوی خۆی
کوشت، پاشان هەردوو چاویشیان دەرهێنا و بە
زنجیری بڕۆنز کۆتیان کرد و بردیانە بابل.
[٨]لە حەوتی پێنجی ساڵی نۆزدەیەمی
نەبوخودنەسری پاشای بابل، نەبوزەرەدانی
فەرماندەی پاسەوانانی ئیمپراتۆر کە کاربەدەستی
پاشای بابل بوو، هاتە ئۆرشەلیم. [٩]پەرستگای یەزدان
و کۆشکی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئۆرشەلیم و
هەموو تەلارە گرنگەکانی سووتاند. [١٠]شووراکانی
چواردەوری ئۆرشەلیمیش لەلایەن سوپای
بابلییەکانەوە ڕووخێنران، ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی
پاسەوانانی پاشا بوون. [١١]پاشماوەی گەلیش ئەوانەی
لە شارەکە مابوونەوە و ئەوانەی چووبوونە پاڵ پاشای
بابل لەگەڵ پاشماوەی خەڵکەکە، نەبوزەرەدانی
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. [١٢]بەڵام
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا هەندێك لە خەڵکی
ڕەشوڕووتی لە خاکەکە هێشتەوە بۆ کارکردن لە
ڕەزەمێو و کێڵگەکان.
[١٣]کۆڵەکە بڕۆنزییەکان و عەرەبانەکانی
ئاوگواستنەوە و حەوزە بڕۆنزییەکە کە لە
پەرستگای یەزدان بوون، بابلییەکان پارچەپارچەیان
کردن، بڕۆنزەکەشیان بۆ بابل بارکرد. [١٤]هەروەها
مەنجەڵ و خاکەناز، مەقەست، قاپەکان و هەموو
ئەو قاپوقاچاغە بڕۆنزانەی لە خزمەتی پەرستگا
بەکاردەهات. [١٥]فەرماندەی پاسەوانانی پاشا هەموو
ئەو شتانەی برد کە لە زێڕ و زیو دروستکرابوون،
بخووردان و تاسیشی برد.
[١٦]دوو کۆڵەکە و حەوزە بڕۆنزییەکە و
عەرەبانەکانی ئاوگواستنەوە کە سلێمان بۆ پەرستگای
یەزدان دروستی کردبوون، ئەو هەموو بڕۆنزە لە
کێش نەدەهات. [١٧]هەر کۆڵەکەیەك هەژدە باڵ[c]
درێژییەکەی بوو. تاجێکی بڕۆنز لەسەر کۆڵەکەکە
بوو، بەرزی تاجەکە سێ باڵ[d] بوو، کەتیبە و
هەنارەکانیش لەسەر تاجەکە و لە چواردەوری
هەمووی لە بڕۆنز بوون. بۆ هەر یەکێك لە
کۆڵەکەکان هەمان شت هەبوو لەگەڵ کەتیبەکەی.
[١٨]فەرماندەکەی پاسەوانانی پاشا سەرایای
سەرۆك کاهین و سەفەنیای کاهینی دووەم و سێ
دەرگاوانەکەی گرت. [١٩]لە شارەکەش ئەو ئەفسەرەی
گرت کە لێپرسراوی جەنگاوەرەکان بوو، پێنج
ڕاوێژکاری پاشاشی گرت. هەروەها خامەی نهێنی[e]
سوپاسالاری گرت، ئەوەی بەرپرسی بە سەربازکردن
بوو، لەگەڵ شەست پیاو کە لە شارەکە بەرچاو
کەوتن. [٢٠]نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا
ئەوانەی بردە ڕیڤلە، بۆ لای پاشای بابل. [٢١]پاشای
بابلیش لە ڕیڤلە لە خاکی حەمات کوشتنی.
ئینجا یەهودا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا.

---

[a] ١ بەپێی ساڵنامەی یەهودا بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە پێنجی مانگی یەك ساڵی ٥٨٧ ی پێش زایین. بڕوانە حزقیێل ١:٢٤.

[b] ٤ عەراڤا شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

[c] ١٧ هەژدە باڵ: نزیکەی ٨,١ مەتر.

[d] ١٧ سێ باڵ: نزیکەی ١,٤ مەتر.

[e] ١٩ ڕازپۆشێك تایبەت بوو بە ناونووسینی پیاوانی ئیسرائیل بۆ سەربازی.

[٢٢]بەڵام ئەو خەڵکەی لە خاکی یەهودا مانەوە، ئەوانەی نەبوخودنەسری پاشای بابل هێشتنییەوە، گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافانی کرد بە لێپرسراویان. [٢٣]کاتێك هەموو سەرلەشکرەکان خۆیان و پیاوەکانیان بیستیان کە پاشای بابل گەدەلیاهوی کردووە بە فەرمانڕەوا، هاتنە میچپا بۆ لای گەدەلیاهو، ئەوانیش ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ و یۆحانانی کوڕی قارێیەح و سەرایای کوڕی تەنحومەتی نەتۆفاتی و یازەنیاهوی کوڕی مەعکاتی، خۆیان و پیاوەکانیان. [٢٤]گەدەلیاهوش سوێندی بۆ ئەوان و پیاوەکانیان خوارد، پێی گوتن: «لە کاربەدەستانی بابلییەکان مەترسن، لە خاکەکە نیشتەجێ بن و خزمەتی پاشای بابل بکەن، ئەوەی باشە بۆتان دەبێت.»

[٢٥]بەڵام لە مانگی حەوت ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆی کوڕی ئەلیشاماع کە لە ڕەچەڵەکی شاهانە بوو، لەگەڵ دە پیاو هات و گەدەلیاهویان کوشت، هەروەها ئەو پیاوانەی یەهودا و ئەو بابلییانەشیان کوشت کە لە میچپا لەگەڵی بوون. [٢٦]ئینجا هەموو گەل لە بچووکەوە هەتا گەورە و سەرکردەکانی سوپا هەستان و چوونە میسر، چونکە لە بابلییەکان ترسان.

## بەڕەڵاکردنی یەهۆیاکین

[٢٧]لەساڵی سی و حەوتەمینی ڕاپێچکردنی یەهۆیاکین، ئەڤیل مەرۆدەخ بوو بە پاشای بابل. هەر لەو ساڵە لە بیست و حەوتی دوازدە یەهۆیاکینی پاشای یەهودای لە زیندان ئازاد کرد. [٢٨]بە باشی قسەی لەگەڵ کرد و کورسییەکەی لە سەرووی کورسی ئەو پاشایانەوە دانا کە لە بابل لەگەڵی بوون. [٢٩]ئیتر یەهۆیاکین بەرگی زیندانییەکەی گۆڕی و بە درێژایی ماوەی ژیانی بەردەوام لەسەر خوانی پاشا نانی دەخوارد. [٣٠]بە درێژایی ئەو ماوەیەی ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژ بژێوی ڕۆژانەی لەلایەن پاشاوە پێدەدرا.

# یەکەم پوختەی مێژوو

**کورتە باسێک**

**گەڕاندنەوەی گەلی خودا لە ڕاپێچکراوی، سەرهەڵدانی پاشا و نۆژەنکردنەوەی پەرستگا، ئینجا خودا بەرەکەتی خۆی بەسەردا ڕشتن.**

هەردوو پەڕتووکی یەکەم و دووەمی پوختەی مێژوو لە دەقی عیبری بە یەک پەڕتووک دانراوە، بە سروشی ڕۆحی پیرۆز لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لەدوای گەڕانەوەی گەلی خودا لە ڕاپێچکاری بابلییەکان نووسراوەتەوە. ئەم پەڕتووکە بە پیشاندانی لستی ڕەچەڵەک و مێژووی بنەماڵەی داود دەستپێدەکات، هەروەها تۆماری ڕەچەڵەکی لێڤی، ئینجا سەرگوزەشتەی ژیان و مردنی شاول، فەرمانڕەوایەتی داود، لەگەڵ تیشک خستنە سەر کاروباری ئایینی گەل. کۆتایی دێت بە وەرگرتنی تەختی شانشینەکە لەلایەن سلێمان.

لەبەر ئەوەی پەڕتووکی یەکەم پوختەی مێژوو لە ڕوانگەیەکی کاهینەتییەوە نووسراوەتەوە زۆر وردەکاری تێدا هاتووە لە کاروباری ئایینی شانشینی یەهودا کە زۆر جار نووسەر بە ئیسرائیل ناوی دەبات. تیشک دەخاتە سەر گرنگی خواپەرستی و کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی گەل. خودا ئەو گەلە بەرەکەتدار دەکات کە پشتی پێ دەبەستن.

ناوهێنانی کەسەکانی ڕەچەڵەک وا دەردەکەوێ کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە خودا گرنگی بە هەموو تاکێک دەدات و کەس لەبیر ناکات. ئەوانەی لە گۆڕ دەنرێن بەبێ ئەوەی کەس باسیان بکات، خودا ناویان دەهێنێ چ جای ئەو لەخواترسانەی باوەڕیان پێی هەیە.

## تۆمارکردنی ڕەچەڵەک لە ئادەمەوە هەتا ئیبراهیم

### هەتا کوڕەکانی نوح

1 ئادەم، شیت، ئەنۆش، 2 قێنان، مەهلەلئێل،
یارەد، 3 حەنۆخ، مەتوشالح، لامەخ و نوح.

4 کوڕەکانی نوح:
سام، حام و یافەت.

### یافەتییەکان

5 کوڕەکانی یافەت:
گۆمەر، ماگۆگ، مادەی، یاڤان، توبال، مەشەک
و تیراس.
6 کوڕەکانی گۆمەر:
ئەشکەنەز، ڕیفەت و تۆگەرما.
7 کوڕەکانی یاڤان:
ئەلیشا، تەرشیش، کیتیم و ڕۆدانیم.

### حامییەکان

8 کوڕەکانی حام:
کوش، میسر، پووت و کەنعان.
9 کوڕەکانی کوش:
سەبا، حەڤیلا، سەڤتا، ڕەعما و سەبتەکا.
کوڕەکانی ڕەعما:
شەبا و دیدان.
10 نەمرود لە نەوەی کوش لەدایکبوو،
کە بووە جەنگاوەرێکی مەزن لەسەر زەوی.
11 لوودی، عەنامی، لەهابی و نەفتوحییەکان
لە نەوەی میسر بوون، 12 هەروەها پاتروسی
و کەفتۆری و کەسلوحییەکانیش، لە
کەسلوحییەکانیش فەلەستی کەوتنەوە.
13 کەنعان
باوکی سەیدا بوو، کە نۆبەرەکەی بوو، لەگەڵ

حیتییەکان، [١٤]هەروەها یەبوسی، ئەموری،
گرگاشی، [١٥]حیڤی، عەرقی، سینی[a]، [١٦]ئەرڤادی،
چیماری و حەماتییەکانیشی بوو.

### سامییەکان

[١٧]کوڕەکانی سام:
ئیلام، ئەشوور، ئەرپەکشاد، لوود و ئارام.
کوڕەکانی ئارام:
عوچ، حوول، گەتەر و مەشەك.
[١٨]ئەرپەکشاد باوکی شالەح بوو،
شالەحیش باوکی عێبەر بوو،
[١٩]عێبەریش دوو کوڕی بوو،
یەکێکیان ناوی پەلەگ[b] بوو، چونکە لە
سەردەمی ئەودا زەوی دابەش کرا. براکەشی
ناوی یۆقتان بوو.
[٢٠]یۆقتان ئەم کوڕانەی هەبوو:
ئەلمۆداد، شەلەف، حەچەرماڤەت، یارەح،
[٢١]هەدۆرام، ئوزال، دیقلە، [٢٢]عۆبال، ئەبیمائێل،
شەبا، [٢٣]ئۆفیر، حەڤیلا و یۆڤاڤ. هەموو ئەمانە
کوڕانی یۆقتان بوون.
[٢٤] سام، ئەرپەکشاد، شالەح،
[٢٥]عێبەر، پەلەگ، ڕەعو،
[٢٦]سەروگ، ناحۆر، تارەح و
[٢٧]ئەبرام، کە ئیبراهیمە.

## نەوەی ئیبراهیم

[٢٨]کوڕەکانی ئیبراهیم:
ئیسحاق و ئیسماعیل.

### نەوەی هاجەر

[٢٩]ئەمانەش نەوەکانیانن:
نەبایۆت کە نۆبەرەی ئیسماعیل بوو، هەروەها
قێدار، ئەدبەئێل، میبسام، [٣٠]میشماع، دوما،
مەسسا، حەدەد، تێما، [٣١]یەتور، نافیش و قێدما،
ئەمانە کوڕەکانی ئیسماعیل بوون.

### نەوەی قەتورە

[٣٢]قەتورە کە کەنیزەی ئیبراهیم بوو ئەم کوڕانەی هەبوو:
زیمران، یۆقشان، مەدان، میدیان، یەشباق و شوەح.
کوڕەکانی یۆقشانیش:
شەبا و دیدان.
[٣٣]کوڕەکانی میدیان:
عێفا، عێفەر، حەنۆك، ئەبیداع و ئەلداعە.
هەموو ئەمانە نەوەی قەتورە بوون.

### نەوەی سارا

[٣٤]ئیبراهیم ئیسحاقی بوو.
کوڕەکانی ئیسحاق:
عیسۆ و ئیسرائیل.

## کوڕەکانی عیسۆ

[٣٥]کوڕەکانی عیسۆ:
ئەلیفاز، ڕەعوئێل، یەعوش، یەعلام و قۆرەح.
[٣٦]کوڕەکانی ئەلیفاز:
تێمان، ئۆمار، چەفۆ، گەعتام و قەنەز؛
هەروەها لە ئەلیفاز تیمنەع عەمالێقی[c] بوو.
[٣٧]کوڕەکانی ڕەعوئێل:
نەحەت، زەرەح، شەمما و میزا.

### خەڵکی سێعیر لە ئەدۆم

[٣٨]کوڕەکانی سێعیر:
لۆتان، شۆڤاڵ، چیبعۆن، عەنا، دیشۆن، ئێچەر و دیشان.
[٣٩]کوڕەکانی لۆتان: حۆری و هۆمام.
تیمنەعیش خوشکی لۆتان بوو.

[a] ١٥ سینییەکان: لەوانەیە خەڵکی شارێك لە نزیکی شاری عەرقە لە لوبنان بووبێت. بڕوانە پەیدابوون ١٧:١٠.
[b] ١٩ پەلەگ واتە دابەشکردن.
[c] ٣٦ تیمنەعی دایکی عەمالێق کەنیزەی ئەلیفاز بوو، بڕوانە پەیدابوون ١٢:٣٦.

٤٠ کوڕەکانی شۆڤاڵ:
عەلڤان، مانەحەت، عێبال، شەفۆ و ئۆنام.
کوڕەکانی چیبعۆن:
ئەییا و عەنا.
٤١ کوڕەکەی عەنا:
دیشۆن.
کوڕەکانی دیشۆن:
حەمدان، ئەشبان، یەتران و کران.
٤٢ کوڕەکانی ئێچەر:
بلهان، زەعەڤان و عەقان.
کوڕەکانی دیشان:
عوچ و ئەران.

### فەرمانڕەوایانی ئەدۆم

٤٣ ئەمانەش ئەو پاشایانەن کە لە خاکی ئەدۆم پاشایەتییان دەکرد پێش ئەوەی هیچ پاشایەکی ئیسرائیلی پاشایەتی بکات:
بەلەعی کوڕی بەعۆر، ناوی شارەکەشی دینهابە بوو.
٤٤ کە بەلەع مرد، یۆڤاڤی کوڕی زەرەحی خەڵکی بۆزرا وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
٤٥ کە یۆڤاڤ مرد، حوشامی خەڵکی خاکی تێمانییەکان وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
٤٦ کە حوشام مرد، هەدەدی کوڕی بەدەد وەک پاشا جێگەی گرتەوە، لە وڵاتی مۆئاب شکستی بە میدیان هێنا. ناوی شارەکەشی عەڤیت بوو.
٤٧ کە هەدەد مرد، سەملەی خەڵکی مەسرێقە وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
٤٨ کە سەملە مرد، شائوولی خەڵکی ڕەحۆبۆت، ئەو شارەی لە کەناری ڕووبار[a] بوو، وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
٤٩ کە شائوول مرد، بەعل‌حانانی کوڕی عەکبۆر وەک پاشا جێگەی گرتەوە.
٥٠ کە بەعل‌حانان مرد، هەدەد وەک پاشا جێگەی گرتەوە. ناوی شارەکەشی پاعوو بوو، ژنەکەشی ناوی میهێتەبێل بوو، کچی مەترێدی کچی مێزاهاب بوو. ٥١ ئینجا هەدەدیش مرد.

میرەکانی ئەدۆم ئەمانە بوون:
تیمنەع، عەلڤا، یەتێت، ٥٢ ئۆهۆلیبامە، ئێلە، پینۆن، ٥٣ قەنەز، تێمان، میبسار، ٥٤ مەگدئێل و عیرام. ئەمانە میرەکانی ئەدۆم بوون.

## کوڕەکانی یاقوب

٢ ئەمانەش کوڕەکانی ئیسرائیلن:
ڕەئوبێن، شیمۆن، لێڤی، یەهودا، یەساخار، زەبولون، ٢ دان، یوسف، بنیامین، نەفتالی، گاد و ئاشێر.

## یەهودا

### هەتا کوڕەکانی حەسرۆن

٣ کوڕەکانی یەهودا:
ئێر، ئۆنان و شالەح، کە هەرسێکیان لە کچەکەی شوەعی کەنعانی بوون. ئێر کوڕە نۆبەرەکەی یەهودا لەبەرچاوی یەزدان کەسێکی خراپەکار بوو، یەزدانیش لەناوی برد. ٤ تاماری بووکیشی، پێرێز و زەرەحی بوو. ئەمانە هەر پێنج کوڕەکەی یەهودا بوون.

٥ کوڕەکانی پێرێز:
حەسرۆن و حامول.
٦ کوڕەکانی زەرەح:
زیمری، ئێیتان، هێیمان، کەلکۆل و دەردەع، هەموویان پێنج بوون.
٧ کوڕەکەی کەرمی:

[a] ٤٨ لەسەر ڕووبارە: دەشێت ڕووباری فورات بێت.

عاخار[a] کە تێکدەری ئیسرائیل بوو، ئەوەی کە ناپاکی کرد و شتە تەرخانکراوەکانی[b] برد.

[٨] کوڕەکەی ئێیتان:
عەزەریا بوو.

[٩] حەسرۆن ئەم کوڕانەی خستەوە:
یەرەحمێل، ڕام و کالێب.

## نەوەی ڕامی کوڕی حەسرۆن

[١٠] ڕام عەمینادابی بوو،
عەمیناداب نەحشۆنی بوو سەرۆکی نەوەی یەهودا. [١١] نەحشۆن سەلمۆنی بوو و سەلمۆن بۆعەزی بوو، [١٢] بۆعەز عوبێدی بوو و عوبێد یەسای بوو.

[١٣] یەسا باوکی ئەمانە بوو:
ئەلیاب کوڕە نۆبەرەکەی؛ دووەمین ئەبیناداب، سێیەمین شیمەعە، [١٤] چوارەمین نەتەنێل، پێنجەمین ڕەدەی، [١٥] شەشەمین ئۆچەم و حەوتەمین داود. [١٦] هەروەها خوشکەکانیان چەرویا و ئەبیگایل بوون، چەرویا سێ کوڕی هەبوو: ئەبیشەی، یۆئاب و عەساهێل. [١٧] ئەبیگایل عەماسای لێبوو، باوکی عەماسا یەتەری ئیسماعیلی بوو.

## کالێبی کوڕی حەسرۆن

[١٨] کالێبی کوڕی حەسرۆن لە عەزوڤای ژنی و لە یەریعۆت منداڵی بوو، کچێك بە ناوی یەریعۆت و سێ کوڕ بەم ناوانە: یێشەر، شۆڤاڤ و ئەردۆن. [١٩] کە عەزوڤا مرد، کالێب ئەفراتی هێنا و حووری بۆ خستەوە. [٢٠] حووری ئوری بوو و ئوری بەسەلئێلی بوو.

[٢١] پاشان حەسرۆن لە تەمەنی شەست ساڵیدا کچەکەی ماکیری باوکی گلعادی هێنا و لەگەڵی جووت بوو، ئەویش سگوڤی بۆ خستەوە. [٢٢] سگوڤ یائیری بوو کە بیست و سێ شارۆچکەی لە خاکی گلعاددا لەژێر دەستدا بوو. [٢٣] بەڵام گەشوور و ئارام، حەڤۆت یائیریان لێ داگیر کرد لەگەڵ قەنات و دەوروبەری کە شەست شارۆچکە بوون. هەموو ئەمانە نەوەی ماکیری باوکی گلعاد بوون.

[٢٤] پاش مردنی حەسرۆن لە کالێب ئەفراتەدا، ئەبیای ژنی حەسرۆن ئەشحووری باوکی تەقۆعەی بۆ خستەوە.

## یەرەحمێلی کوڕی حەسرۆن

[٢٥] کوڕەکانی یەرەحمێلی نۆبەرەی حەسرۆن:
ڕام کە کوڕە نۆبەرەکەی بوو، پاشان بونا، ئۆرەن، ئۆچەم و ئاحییا. [٢٦] یەرەحمێل ژنێکی دیکەی هەبوو ناوی عەتارا بوو و دایکی ئۆنام بوو.

[٢٧] کوڕەکانی ڕامی نۆبەرەی یەرەحمێل:
مەعەچ، یامین و عێقەر.

[٢٨] کوڕەکانی ئۆنام:
شەمەی و یاداع.
کوڕەکانی شەمەی:
ناداب و ئەبیشوور.

[٢٩] ناوی ژنەکەی ئەبیشووریش ئەبیهەیل بوو و ئەحبان و مۆلیدی بۆ خستەوە.

[٣٠] کوڕەکانی ناداب:
سەلەد و ئەپەیم. سەلەد بە وەجاخکوێری مرد.

[٣١] کوڕەکەی ئەپەیم یەشعی بوو،
کوڕەکەی یەشعیش شێشان بوو،
کوڕەکەی شێشانیش ئەحلای بوو.

[٣٢] کوڕەکانی یاداعی برای شەمەی:
یەتەر و یۆناتان. یەتەر بە وەجاخکوێری مرد.

[٣٣] کوڕەکانی یۆناتان:
پەلەت و زازا.

[a] ٧ عاخار لە زمانی عیبریدا واتە تێکدان. لە یەشوع بەشی ٧ ناوەکەی (عاخان)ـە.

[b] ٧ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان. لە کاتی شەڕدا دەستکەوتەکە دابەش ناکرێت و بەخشینەکە دەرئەنجامەکەی لەناوبردنی تەواوە.

ئەمانە نەوەی یەرەحمێل بوون.
٣٤ شێشان هیچ کوڕی نەبوو و تەنها کچی هەبوو.
شێشان خزمەتکارێکی میسری هەبوو ناوی
یەرحاع بوو. ٣٥ شێشان کچێکی خۆی دا بە
یەرحاعی خزمەتکاری ببێت بە ژنی، جا
عەتەیی بۆ خستەوە.
٣٦ عەتەی ناتانی بوو،
ناتان زاڤادی بوو،
٣٧ زاڤاد ئەفلالی بوو،
ئەفلال عوبێدی بوو،
٣٨ عوبێد یێهوی بوو،
یێهو عەزەریای بوو،
٣٩ عەزەریا حەلەچی بوو،
حەلەچ ئەلیعاسای بوو،
٤٠ ئەلیعاسا سیسمەیی بوو،
سیسمەی شەلومی بوو،
٤١ شەلوم یەقەمیای بوو و
یەقەمیاش ئەلیشاماعی بوو.

## خێڵەکانی کالێب

٤٢ کوڕەکانی کالێبی برای یەرەحمێل:
مێشا کوڕە نۆبەرەکەی ئەوەی کە باوکی
زیف بوو و ئەوی دیکەیان مارێشا کە باوکی
حەبرۆن بوو.
٤٣ کوڕەکانی حەبرۆن:
قۆرەح، تەپووەح، ڕاقەم و شەمەع. ٤٤ شەمەع
ڕەحەمی بوو کە باوکی یۆرقاعام بوو و ڕاقەم
شەمەی بوو. ٤٥ کوڕەکەی شەمەی ماعۆن بوو و
ماعۆنیش باوکی بێتچوور بوو.
٤٦ هەروەها عێفای کەنیزەی کالێب حاران، مۆچا و
گەزێزی بوو، هەروەها حارانیش گەزێزی بوو.
٤٧ کوڕەکانی یاهدای
ڕەگەم، یۆتام، گێشان، پالەت، عێفا و شەعەف
بوون.
٤٨ مەعکای کەنیزەی کالێبیش، شەڤەر و تیرحەنای
بوو، ٤٩ هەروەها ئەمانەشی بوو: شەعەفی
باوکی مەدمەنا، شێڤای باوکی مەخبێنا، باوکی
گیبعا و کچەکەی کالێبیش کە ناوی عەکسا
بوو. ٥٠ ئەمانە نەوەی کالێب بوون.

کوڕەکانی حوور کە نۆبەرەی ئەفراتە بوو:
شۆڤاڵی باوکی قیریەت یەعاریم، ٥١ سەلمای
باوکی بێتلەحم و حارێفی باوکی بێتگادێر.
٥٢ نەوەکانی شۆڤاڵی باوکی قیریەت یەعاریمیش
ئەمانە بوون:
هەرۆئە و نیوەی مانەحەتییەکان و ٥٣ خێڵەکانی
قیریەت یەعاریم کە یەسری، پوتی، شوماتی
و مشراعی بوون. لەمانەوە چۆرعاتی و
ئەشتائۆلییەکان کەوتنەوە.
٥٤ نەوەی سەلما:
بێتلەحم، نەتۆفاتییەکان، عەترۆت بێتیۆئاڤ،
چۆرعییەکان و نیوەی مانەحەتییەکان،
٥٥ هەروەها خێڵە قەڵەمگرەکانی دانیشتووی
ناوچەی یەعبێچ ئەمانە بوون: تیرعاتییەکان،
شیمەعاتییەکان و سوکاتییەکان. ئەمانە ئەو
قێنییانە بوون کە لە حەممەتی باوکی بنەماڵەی
ڕێکابەوە هاتبوون.

## کوڕەکانی داود

٣ ئەمانەش کوڕەکانی داودن کە لە حەبرۆن
لەدایک بوون:
ئەمنۆن کوڕی نۆبەرەی بوو کە لە ئەحینۆعەمی
یەزرەعیلی بوو؛
دووەمیان دانیال کە لە ئەبیگایلی کەرمەلی
بوو؛
٢ سێیەمیان ئەبشالۆمی کوڕی مەعکای کچی
تەلمەی پاشای گەشوور،
چوارەمیان ئەدۆنیای کوڕی حەگیس،
٣ پێنجەمیان شەفەتیا کە لە ئەبیتەل بوو،
شەشەمیان یەترعام کە لە عەگلای ژنی بوو.
٤ داود لە حەبرۆن ئەم شەش منداڵەی بوو،
لەوێش حەوت ساڵ و شەش مانگ پاشایەتی
کرد.

داود سی و سێ ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد.
٥ئەم منداڵانەشی لە ئۆرشەلیم لەدایك بوون:
شەموع، شۆڤاڤ، ناتان و سلێمان هەر چواریان
لە بەتشەبەعی کچی عەمیێلەوە بوون.
٦هەروەها ئیڤحار، ئەلیشوع، ئەلیفەلەت،
٧ نۆگە، نەفەگ، یافیع، ٨ئەلیشاماع، ئەلیاداع
و ئەلیفەلەت کە نۆ منداڵ بوون. ٩هەموو
ئەمانە کوڕانی داود بوون، بێجگە لە کوڕانی
کەنیزەکان و تاماری خوشکیان.

## پاشاکانی یەهودا

١٠کوڕەکەی سلێمان ناوی ڕەحەڤعام بوو،
ئەبیا کوڕی ڕەحەڤعام،
ئاسا کوڕی ئەبیا،
یەهۆشافات کوڕی ئاسا،
١١یەهۆرام کوڕی یەهۆشافات،
ئەحەزیا کوڕی یەهۆرام،
یۆئاش کوڕی ئەحەزیا،
١٢ئەمەسیا کوڕی یۆئاش،
عەزەریا کوڕی ئەمەسیا،
یۆتام کوڕی عەزەریا،
١٣ئاحاز کوڕی یۆتام،
حەزقیا کوڕی ئاحاز،
مەنەشە کوڕی حەزقیا،
١٤ئامۆن کوڕی مەنەشە و
یۆشیا کوڕی ئامۆن.
١٥کوڕەکانی یۆشیا:
یۆحانان کوڕە نۆبەرەکەی بوو،
دووەمیان یەهۆیاقیم و
سێیەمیان سدقیا و
چوارەمیشیان شەلوم بوو.
١٦ئەوانەی کە وەك پاشا جێگەی یەهۆیاقیمیان
گرتەوە:
یەهۆیاکین کە کوڕی یەهۆیاقیم بوو،
دوای ئەویش سدقیا جێگەی یەهۆیاکینی
گرتەوە.

## وەچەکانی بنەماڵەی پاشایەتی لەدوای ڕاپێچکردنەکە

١٧نەوەکانی یەهۆیاکینی دیل:
شەئەلتیێلی کوڕی، ١٨هەروەها مەلکیرام،
پەدایا، شەنئەچەر، یەقەمیا، هۆشاماع و
نەدەڤیا.
١٩کوڕەکانی پەدایا:
زروبابل و شیمعی.
کوڕەکانی زروبابل:
مەشولام و حەنەنیا و
شەلۆمیتی خوشکیان.
٢٠هەروەها زروبابل پێنج کوڕی دیکەی هەبوو:
حەشوڤا، ئۆهەل، بەرەخیا، حەسەدیا و
یوشەڤحەسەد.
٢١ناوەکانی حەنەنیا:
پەلەتیا و یەشەعیا، هەروەها کوڕانی ڕفایا،
کوڕانی ئەرنان، کوڕانی عۆبەدیا و کوڕانی
شەخەنەیا.
٢٢کوڕەکانی شەخەنەیا شەش بوون:
شەمەعیای کوڕی و نەوەکانی شمەعیاش:
حەتوش، یەگال، بارییەح، نەعەریا و شافات.
٢٣کوڕەکانی نەعەریا:
ئەلیۆعێنەی، حیزقیا و عەزریقام، سێ بوون.
٢٤کوڕەکانی ئەلیۆعێنەی:
هۆدەیڤاهو، ئەلیاشیڤ، پەلایا، عەقوڤ،
یۆحانان، دەلایا و عەنانی، حەوت بوون.

## خێڵەکانی دیکەی یەهودا

٤ نەوەکانی یەهودا:
پێرێز، حەسرۆن، کەرمی، حوور و
شۆڤاڵ.
٢ڕەئایای کوڕی شۆڤاڵیش یەحەتی بوو، یەحەتیش
ئەحومەی و لاهەدی بوو، لەمانیشەوە
خێڵەکانی چۆرعاتی دروستبوون.
٣ئەمانەش کوڕەکانی عێتام بوون:
یەزرەعیل، یەشما و یەدباش، ناوی

خوشکەکەشیان هەچەلەلپۆنی بوو.
[٤]پەنوئێلیش باوکی گەدۆر و عێزەریش باوکی حوشا بوو.
ئەمانە نەوەکانی حووری نۆبەرەی ئەفراتەی باوکی بێتلەحم بوون.
[٥]ئەشحووری باوکی تەقۆعە دوو ژنی هەبوو، حەلا و نەعەرا.
[٦]نەعەراش ئەحوزام، حێفەر، تێمەنی و هەئەهەشتاری بۆ خستەوە، ئەمانە نەوەکانی نەعەرا بوون.
[٧]کوڕەکانی حەلا:
چەرەت، چۆحەر و ئەتنان. [٨]قۆچیش باوکی عانوڤ و هەچۆڤێڤا بوو، هەروەها باپیرە گەورەی خێڵەکانی ئەحەرحێلی کوڕی هاروم بوو.

[٩]یەعبێچیش لە براکانی پایەدارتر بوو و دایکیشی ناوی لێنا یەعبێچ[a]، گوتی: «چونکە بە ئازارەوە بووم.» [١٠]یەعبێچ بۆ خودای ئیسرائیل هاواری کرد و گوتی: «خۆزگە بەڕاستی بەرەکەتدارم دەکەیت و سنوورەکانم فراوان دەکەیت و دەستت لەگەڵمدا دەبێت هەتا لە خراپە بمپارێزیت و ئازارم نەدات.» خوداش ئەوەی پێدا کە داوای کرد.

[١١]کەلووڤی برای شوحاش مەحیری بوو، مەحیریش باوکی ئەشتۆن بوو، [١٢]ئەشتۆنیش بێتڕافا و پاسێیەح و تەحینای باوکی عیر ناحاشی[b] بوو. ئەمانەش پیاوانی ڕێخا بوون.

[١٣]کوڕەکانی قەنەز:
عۆسنیێل و سەرایا.
کوڕەکانی عۆسنیێل:
حەتەت و مەعۆنۆتەی. [١٤]مەعۆنۆتەیش عۆفرای بوو و
سەرایاش یۆئابی بوو،
کە باوکی گێی حەراشیم[c] بوو، شوێنەکەش ناوی ئەوە بوو چونکە دانیشتووانەکەی پیشەوەر بوون.
[١٥]کوڕەکانی کالێبی کوڕی یەفونە:
عیرو، ئێلە و نەعەم.
کوڕەکەی ئێلە ناوی قەنەز بوو.
[١٦]کوڕەکانی یەهەلەلئێل:
زیف، زیفا، تیریا و ئەسەرئێل.
[١٧]کوڕەکانی عەزرە:
یەتەر، مەرەد، عێفەر و یالۆن. یەکێك لە ژنەکانی مەرەد بە مریەم و شەمەی و یەشباحی باوکی ئەشتەمۆعی سکی پڕ بوو، [١٨]ئەمانە کوڕەکانی بیتیای کچی فیرعەون بوون، کە مەرەد هێنای، ئەو ژنەشی کە لە هۆزی یەهودا بوو، یەرەدی باوکی گەدۆر و حەڤەری باوکی سۆخۆ و یەقوتیێلی باوکی زانۆوەحی خستەوە.
[١٩]هۆدیا خوشکی نەحەمی هێنا و ئەم کوڕانەی بوو:
باوکی قەعیلای گارمی و ئەشتەمۆعی مەعکاتی.
[٢٠]کوڕەکانی شیمۆن:
ئەمنۆن، ڕینا، بەن‌حانان و تیلۆن.
نەوەکانی یەشعی:
زۆحێت و بەن‌زۆحێت.
[٢١]کوڕەکانی شالەحی کوڕی یەهودا ئەمانە بوون:
ئێری باوکی لێخا؛ لەعدای باوکی ماریشا، هەروەها باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵانە بوو کە کاری کەتانیان دەکرد و لە بێت‌ئەشبێعە دەژیان؛ [٢٢]یۆقیم؛ خەڵکی کوزێڤا؛ لەگەڵ یۆئاش و ساراف، ئەوانەی کە لە مۆئاب و یاشوڤی لەحەم فەرمانڕەوایەتییان دەکرد. ئەم ڕەچەڵەکنامەیە لە کۆنەوە تۆمار کرابوو. [٢٣]ئەوانە ئەو گۆزەکەرانە بوون کە دانیشتووانی نەتاعیم و گەدێرا بوون، لەوێدا نیشتەجێ بوون و کاریان بۆ پاشا دەکرد.

---

[a] ٩ یەعبێچ لەو وشە عیبرییەوە نزیکە کە بە واتای ئازار دێت.
[b] ١٢ دەشێت ناوی کەسێك یان شارێك بێت، (شاری ناحاش).
[c] ١٤ گێی حەراشیم واتە دۆڵی پیشەوەران.

## شیمۆن

[٢٤]نەوەکانی شیمۆن:
نەموئێل، یامین، یاریڤ، زەرەح و شائوول.
[٢٥]شەلوم کوڕی شائوول بوو، میبسام کوڕی شەلوم، میشماع کوڕی میبسام.
[٢٦]نەوەکانی میشماع:
حەموئێل کوڕی میشماع، زەکور کوڕی حەموئێل، شیمعی کوڕی زەکور.

[٢٧]شیمعیش شازدە کوڕ و شەش کچی هەبوو، بەڵام براکانی کوڕی زۆریان نەبوو و هەموو خێڵەکانیشیان وەك نەوەی یەهودا زیادیان نەکرد. [٢٨]لە بیری شابەع، لە مۆلادا، لە حەچەر شوعال، [٢٩]لە بیلهە، لە عەچەم، لە تۆلاد، [٣٠]لە بتوئێل، لە حۆرما، لە چیقلەگ، [٣١]لە بێتمەرکاڤۆت، لە حەچەر سوسیم، لە بێتبرئی و لە شەعەرایم نیشتەجێ بوون. ئەمانە شارۆچکەکانیان بوون، هەتا کاتی بەپاشابوونی داود. [٣٢]دەوروبەریشیان عێتام، عەین، ڕیمۆن، تۆخەن و عاشان، پێنج شارۆچکە بوون. [٣٣]لەگەڵ هەموو گوندەکانیان لە چواردەوری ئەو شارۆچکانە هەتا بەعەلات. ئەمانە شوێنی نیشتەجێبوونیان بوون، ئەمانیش ڕەچەڵەکنامەیان تۆمار کرابوو.
[٣٤]مەشۆڤاف، یەملێك، یۆشای کوڕی ئەمەسیا، [٣٥]یۆئێل، یێهوی کوڕی یۆشیڤیای کوڕی سەرایای کوڕی عەسیێل، [٣٦]هەروەها ئەلیۆعێنەی، یەعقۆڤا، یەشۆحایا، عەسایا، عەدیێل، یەسیمیێل، بەنایا و [٣٧]زیزای کوڕی شیفعیی کوڕی ئەلۆنی کوڕی یەدایای کوڕی شیمریی کوڕی شەمەعیا.

[٣٨]ئەمانە کە ناویان هاتووە، سەرۆك خێڵەکانیان بوون و بنەماڵەکانیان زۆر پەلیان هاویشتووە، [٣٩]بۆ گەڕان بەدوای لەوەڕگا بۆ مەڕوماڵاتەکانیان هەتا ڕۆژهەڵاتی دۆڵەکە ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە گەدۆر. [٤٠]ئینجا لەوەڕگایەکی بەپیت و چاکیان دۆزییەوە و خاکەکەش بەرفراوان و ئاشتی و ئاسوودەیی تێیدا بەرقەرار بوو، هەروەها هەندێك لە حامییەکان پێشتر لەوێ نیشتەجێ بوون.

[٤١]ئەوانەی ناویان هاتووە، لە ماوەی پاشایەتی حەزقیای پاشای یەهودا هاتن و پەلاماری چادرەکانی حامییەکان و ئەو مەعونییانەیان دا کە لەوێدا بوون و بە تەواوی قڕیان کردن[a]. هەتا ئەمڕۆش هیچ مەعۆنییەکی لێ نییە، بەڵکو لە جێی ئەوان نیشتەجێ بوون، چونکە لەوێدا لەوەڕگای لێبوو بۆ مەڕوماڵاتەکانیان. [٤٢]هەروەها لەوان لە نەوەی شیمۆن پێنج سەد پیاو چوون بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سێعیر، بە ڕابەری کوڕەکانی یەشعی کە ئەمانە بوون: پەلەتیا، نەعەریا، ڕفایا و عوزیێل. [٤٣]لە پاشماوەی عەمالێقییە هەڵاتووەکانیان دا و هەتا ئەمڕۆ لەوێدا نیشتەجێ بوون.

## ڕەئوبێن

٥ ڕەئوبێن کوڕە نۆبەرەی ئیسرائیل بوو، بەڵام کاتێك کە پێخەفی باوکی گڵاوکرد، مافی نۆبەرایەتییەکەی درا بە نەوەی یوسفی کوڕی ئیسرائیل، ئیتر لە ڕەچەڵەکنامە بە نۆبەرە تۆمارنەکرا. [٢]هەرچەندە یەهودا لە هەموو براکانی بەهێزتر بوو و پاشایەك لە پشتی ئەو دەرچوو، بەڵام نۆبەرایەتییەکە بۆ یوسف بوو.
[٣]کوڕەکانی ڕەئوبێنی کوڕە نۆبەرەی ئیسرائیل:
حەنۆك، پەلو، حەسرۆن و کەرمی.
[٤]نەوەکانی یۆئێل:
شەمەعیا کوڕی یۆئێل، گۆگ کوڕی شەمەعیا، شیمعی کوڕی گۆگ، [٥]میخا کوڕی شیمعی، ڕەئایا کوڕی میخا، بەعل کوڕی ڕەئایا،
[٦]بئێرە کوڕی بەعل. بئێرەش ئەو کەسە بوو کە تگلەت پلئەسەری پاشای ئاشور ڕاپێچی کرد. بئێرە سەرۆکی ڕەئوبێنییەکان بوو.
[٧]خزمەکانیان بەگوێرەی خێڵەکانیان و بەپێی تۆمارکردنیان لە ڕەچەڵەکنامە:
یەعیێلی سەرکردە، زەکەریا و [٨]بەلەعی

[a] ٤١ قڕیان کردن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

کوڕی عازازی کوڕی شەمەعی کوڕی یۆئێل، لە عەرۆعێرەوە هەتا نەبۆ و بەعلمەعۆن نیشتەجێ بوون. [٩]بەرەو ڕۆژهەڵاتیش هەتا دەهاتە بیابانی دەم ڕووباری فورات پەلیان هاویشت، چونکە ئاژەڵەکانیان لە خاکی گلعاددا زۆر ببوون.

[١٠]لە سەردەمی پاشایەتی شاولدا، جەنگیان لە دژی هاجەرییەکان بەرپا کرد و بەزاندنیان و لە خێوەتەکانی هاجەرییەکان نیشتەجێ بوون لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی گلعاددا.

## گاد

[١١]نەوەی گادیش لەتەنیشت نەوەی ڕەئوبێنەوە نیشتەجێ بوون لە خاکی باشانەوە هەتا سەلخە:

[١٢]لە باشان یۆئێل سەرکردە و شافام لە پلەی دووەم و یەعنەی و شافات لە پلەی سێیەم بوون.

[١٣]خزمەکانیان بەپێی بنەماڵەکانیان حەوت بوون: میکائیل، مەشولام، شەڤەع، یۆرەی، یەعکان، زیەع و ئێبەر.

[١٤]ئەمانەش کوڕەکانی ئەبیحەیلی کوڕی حوریی کوڕی یارۆحای کوڕی گلعادی کوڕی میکائیلی کوڕی یەشیشەیی کوڕی یەحدۆی کوڕی بووز بوون.

[١٥]ئەحیی کوڕی عەبدیێلی کوڕی گۆنی گەورەی بنەماڵەکانیان بوو.

[١٦]جا گادییەکان لە گلعاد، لە باشان، لە گوندەکانیدا و لە هەموو دەشتاییەکانی شارۆن لەسەر سنوورەکانی نیشتەجێ بوون.

[١٧]ڕەچەڵەکی هەموو ئەمانە لە ماوەی پاشایەتی یۆتامی پاشای یەهودا و یارۆڤعامی پاشای ئیسرائیلدا تۆمار کران.

[١٨]نەوەی ڕەئوبێن و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەشە[a]، لە پیاوە ئازاکان ئەوانەی قەڵغان و شمشێریان هەڵگرتبوو، تیرئەنداز بوون و مەشقی جەنگیان کردبوو، چل و چوار هەزار و حەوت سەد و شەست جەنگاوەر بوون. [١٩]جەنگیان لە دژی هاجەرییەکان و یەتور و نافیش و نۆداڤ بەرپا کرد و [٢٠]یارمەتییان بۆ هات. هاجەرییەکان و هەموو ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون درانە دەستیانەوە، چونکە لە جەنگەکەدا هاواریان بۆ خودا کرد، ئەویش وەڵامی دانەوە، لەبەر ئەوەی پشتیان پێی بەست. [٢١]هەروەها دەستیان بەسەر ئاژەڵە ماڵییەکانی هاجەرییەکاندا گرت، پەنجا هەزار وشتر و دوو سەد و پەنجا هەزار سەر مەڕ و دوو هەزار گوێدرێژ و لە مرۆڤیش سەد هەزار کەس و [٢٢]ژمارەیەکی زۆر کوژران، لەبەر ئەوەی جەنگەکە لە خوداوە بوو. ئیتر هەتا ڕاپێچکردنەکە لە جێی ئەوان نیشتەجێ بوون.

## نیوەی هۆزی مەنەشە

[٢٣]نیوەی هۆزی مەنەشەش لە خاکەکە نیشتەجێ بوون، لە باشانەوە هەتا بەعلحەرمۆن پەلیان هاویشت، کە پێی دەگوترێ سنیر، یان چیای حەرمۆن.

[٢٤]ئەمانەش گەورەکانی بنەماڵەکانیان بوون: عێفەر، یەشعی، ئەلیێل، عەزرییێل، یەرمیا، هۆدەیڤاهو و یەحدیێل، کە هەموو ئەمانە پیاوانی پاڵەوانی ئازا و پیاوانی ناودار و گەورەی بنەماڵەکانیان بوون. [٢٥]بەڵام ناپاکییان لە خودای باوباپیرانیان کرد و بەدوای خوداوەندەکانی گەلانی خاکەکەوە لەشفرۆشییان[b] کرد، ئەوانەی خودا لەبەردەمیاندا لەناوی بردن. [٢٦]لەبەر ئەوە خودای ئیسرائیل ڕۆحی پولی پاشای

---

[a] ١٨ هۆزی مەنەشە دابەش ببوون بۆ سەر دوو بەش، هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی ڕووباری ئوردونەوە.

[b] ٢٥ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت بەرامبەر بە ژنەکەی.

ئاشوری هەژاند، کە بە تگلەت پلئەسەر بەناوبانگە، ئەویش ڕەئوبێنی و گادییەکان لەگەڵ نیوەی هۆزی مەنەشەی ڕاپێچ کرد. ئەوانی هێنایە حەلەح و خابوور و هارا و ڕووباری گۆزان، هەتا ئەمڕۆش لەوێ ماونەتەوە.

## لێڤی

٦ کوڕەکانی لێڤی:
گێرشۆن، قەهات و مەراری.
٢ کوڕەکانی قەهات:
عەمرام، یەسهار، حەبرۆن و عوزیێل.
٣ منداڵەکانی عەمرام:
هارون، موسا و مریەم.
کوڕەکانی هارون:
ناداب، ئەبیهو، ئەلعازار و ئیتامار.
٤ ئەلعازار فینەحاسی بوو،
فینەحاس ئەبیشوەعی بوو،
٥ ئەبیشوەع بوقی بوو،
بوقی عوزیی بوو،
٦ عوزی زەرەحیای بوو،
زەرەحیا مەرایۆتی بوو،
٧ مەرایۆت ئەمەریای بوو،
ئەمەریا ئەحیتوڤی بوو،
٨ ئەحیتوڤ سادۆقی بوو،
سادۆق ئەحیمەعەچی بوو،
٩ ئەحیمەعەچ عەزەریای بوو،
عەزەریا یۆحانانی بوو،
١٠ یۆحانانیش عەزەریای بوو ئەوەی کاهینییەتی کرد لەو پەرستگایەدا کە سلێمان لە ئۆرشەلیم بنیادی نا.
١١ هەروەها عەزەریا ئەمەریای بوو،
ئەمەریا ئەحیتوڤی بوو،
١٢ ئەحیتوڤ سادۆقی بوو،
سادۆق شەلومی بوو،
١٣ شەلوم حیلقیای بوو،
حیلقیا عەزەریای بوو،
١٤ عەزەریا سەرایای بوو و
سەرایا یەهۆچاداقی بوو.
١٥ یەهۆچاداقیش بەبەر ئەو ڕاپێچکردنە کەوت کە یەزدان بەسەر یەهودا و ئۆرشەلیمدا هێنای بەدەستی نەبوخودنەسر.

١٦ کوڕەکانی لێڤی:
گێرشۆن، قەهات و مەراری.
١٧ ئەمەش ناوی دوو کوڕەکەی گێرشۆنە:
لیبنی و شیمعی.
١٨ کوڕەکانی قەهاتیش:
عەمرام، یەسهار، حەبرۆن و عوزیێل.
١٩ کوڕەکانی مەراریش:
مەحلی و موشی.
ئەمانەش خێڵەکانی لێڤین بەپێی باوباپیرانیان:
٢٠ لە گێرشۆن بەرەو خوارەوە:
لیبنی کوڕی گێرشۆن، یەحەت کوڕی لیبنی،
زیما کوڕی یەحەت، ٢١ یۆئاح کوڕی زیما،
عیدۆ کوڕی یۆئاح، زەرەح کوڕی عیدۆ و
یەئاتەرەی کوڕی زەرەح.
٢٢ نەوەی قەهات:
عەمیناداب کوڕی قەهات، قۆرەح کوڕی عەمیناداب،
ئەسسیر کوڕی قۆرەح، ٢٣ ئەلقانە کوڕی ئەسسیر،
ئەبیاساف کوڕی ئەلقانە، ئەسسیر کوڕی ئەبیاساف،
٢٤ تەحەس کوڕی ئەسسیر، ئوریێل کوڕی تەحەس،
عوزیا کوڕی ئوریێل، شائوول کوڕی عوزیا.
٢٥ نەوەی ئەلقانە:
عەماسەی و ئەحیمۆت کوڕی ئەلقانە بوون،
٢٦ ئەحیمۆتیش کوڕەکەی ناوی ئەلقانە بوو، چۆفەییش کوڕی ئەلقانە،
نەحەت کوڕی چۆفەی، ٢٧ ئەلیاب کوڕی نەحەت،

یەرۆحام کوڕی ئەلیاب، ئەلقانە کوڕی یەرۆحام، ساموئێل کوڕی ئەلقانە.
٢٨ کوڕەکانی ساموئێلیش:
نۆبەرەکەی یۆئێل و
دووەمیان ئەبیا.
٢٩ نەوەی مەراری:
مەحلی کوڕی مەراری، لیبنی کوڕی مەحلی،
شیمعی کوڕی لیبنی، عوزا کوڕی شیمعی،
٣٠ شیمەعە کوڕی عوزا، حەگیا کوڕی شیمەعە و
عەسایا کوڕی حەگیا.

**مۆسیقاژەنەکانی پەرستگا**

٣١ ئەم کەسانە ئەوانە بوون کە داود بۆ سەرپەرشتیکردنی ژەنینی مۆسیقا داینان لە ماڵی یەزدان، پاش ئەوەی سندوقەکەی پەیمان جێگیر بوو.
٣٢ ئەوان لەبەردەم چادری چاوپێکەوتن لەناو چادری پەرستندا بە ژەنینی مۆسیقا خزمەتیان دەکرد، هەتا ئەو کاتەی سلێمان پەرستگای یەزدانی لە ئۆرشەلیمدا بنیاد نا، هەروەها ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد بەپێی ئەو ڕێکخستنەی بۆیان دانرابوو.
٣٣ ئەمانە ئەوانەن لەگەڵ کوڕەکانیاندا خزمەتیان دەکرد:
لە نەوەی قەهاتییەکان:
هێیمانی مۆسیقاژەن
کوڕی یۆئێلی، کوڕی ساموئێلی،
٣٤ کوڕی ئەلقانەی، کوڕی یەرۆحامی،
کوڕی ئەلیێلی، کوڕی تۆوەحی،
٣٥ کوڕی چوفی، کوڕی ئەلقانەی،
کوڕی مەحەتی، کوڕی عەماسەیی،
٣٦ کوڕی ئەلقانەی، کوڕی یۆئێلی،
کوڕی عەزەریای، کوڕی سەفەنیای،
٣٧ کوڕی تەحەسی، کوڕی ئەسسیری،
کوڕی ئەبیاسافی، کوڕی قۆرەحی،
٣٨ کوڕی یەسهاری، کوڕی قەهاتی،
کوڕی لێڤی، کوڕی ئیسرائیل.
٣٩ ئاسافی یاریدەدەری دەستە ڕاستی هێیمانیش:
ئاساف کوڕی بەرەخیای، کوڕی شیمەعەی،
٤٠ کوڕی میکائیلی، کوڕی بەعەسێیای،
کوڕی مەلکیای، ٤١ کوڕی ئەتنیی،
کوڕی زەرەحی، کوڕی عەدایای،
٤٢ کوڕی ئێیتانی، کوڕی زیمای،
کوڕی شیمعیی، ٤٣ کوڕی یەحەتی،
کوڕی گێرشۆنی، کوڕی لێڤی؛
٤٤ هەروەها لە یاریدەدەرەکانیان کە لە نەوەی مەراری بوون، یاریدەدەری دەستە چەپی هێیمان:
ئێیتانی کوڕی قیشی، کوڕی عەبدی،
کوڕی مەلوخی، ٤٥ کوڕی حەشەڤیای،
کوڕی ئەمەسیای، کوڕی حیلقیای،
٤٦ کوڕی ئەمچی، کوڕی بانی،
کوڕی شەمەری، ٤٧ کوڕی مەحلی،
کوڕی موشی، کوڕی مەراری،
کوڕی لێڤی.

٤٨ برا لێڤییەکانی دیکەیان هەموو خزمەتەکانی دیکەی چادری پەرستنی ماڵی خودایان پێ سپێردرا.
٤٩ بەڵام هارون و نەوەکانی لەسەر قوربانگای قوربانی سووتاندن و قوربانگای بخوور، پێشکەشکراویان پێشکەش دەکرد، لەگەڵ هەموو کارەکانی پەیوەست بەو لە شوێنی هەرە پیرۆز و کەفارەتکردن بۆ ئیسرائیل، بەپێی هەموو ئەوەی موسای بەندەی خودا فەرمانی پێی کرد.

٥٠ ئەمانەش نەوەی هارونن:
ئەلعازار کوڕی هارون، فینەحاس کوڕی ئەلعازار،
ئەبیشوەع کوڕی فینەحاس، ٥١ بوقی کوڕی ئەبیشوەع،
عوزی کوڕی بوقی، زەرەحیا کوڕی عوزی،
٥٢ مەرایۆت کوڕی زەرەحیا، ئەمەریا کوڕی مەرایۆت،
ئەحیتوڤ کوڕی ئەمەریا، ٥٣ سادۆق کوڕی ئەحیتوڤ و ئەحیمەعەچ کوڕی سادۆق.

[٥٤]ئەمانەش ئەو ناوچانەیە کە نەوەی هارون لە خێڵی قەهاتییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، چونکە یەکەم تیروپشك بۆ ئەوان دەرچوو:

[٥٥]حەبرۆنیان پێدان لە خاکی یەهودا لەگەڵ لەوەڕگاکانی دەوروبەریدا. [٥٦]بەڵام کێڵگە و گوندەکانی دەوروبەری شارەکە بە کالێبی کوڕی یەفونە درا.

[٥٧]حەبرۆن کە شارێکی پەناگا بوو درایە نەوەی هارون، هەروەها لیڤنا، یەتیر، ئەشتەمۆع، [٥٨]حیلێن، دەڤیر، [٥٩]عاشان، یوتا و بێتشەمەش بە لەوەڕگاکانیانەوە. [٦٠]لە خاکی هۆزی بنیامینیش، شارۆچکەکانی گبعۆن[a]، گەڤەع، عالەمەت و عەناتۆت بە لەوەڕگاکانیانەوە بەوان درا.

هەموو شارۆچکەکانیان سێزدە شارۆچکە بوون، بەگوێرەی خێڵەکانیان.

[٦١]بە قەهاتییەکانی دیکەش لە خاکی خێڵەکانی نیوەی هۆزی مەنەشە دە شارۆچکە بە تیروپشك درا.

[٦٢]بە نەوەی گێرشۆنیش، بەگوێرەی خێڵەکانیان، لە خاکی هۆزەکانی یەساخار، ئاشێر، نەفتالی و لەو بەشەی هۆزی مەنەشەش کە لە باشانن، سێزدە شارۆچکە درا.

[٦٣]بە نەوەی مەراریش بەگوێرەی خێڵەکانیان، لە بەشی هۆزەکانی ڕەئوبێن، گاد و زەبولون بە تیروپشك، دوازدە شارۆچکە درا.

[٦٤]ئیتر نەوەی ئیسرائیل ئەم شارۆچکانەیان بە لەوەڕگاکانیانەوە بە لێڤییەکان بەخشی. [٦٥]هەروەها بە تیروپشك لە هۆزی نەوەی یەهودا و لە هۆزی نەوەی شیمۆن و لە هۆزی نەوەی بنیامین ئەو شارۆچکانەیان دا کە پێشتر ناویان برا.

[٦٦]هەندێك لە خێڵەکانی قەهاتییەکانیش شارۆچکەکانی سنووریان لە خاکی هۆزی ئەفرایم بوو.

[٦٧]لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم شاری شەخەم وەك شاری پەناگا و گەزەر و [٦٨]یۆقمەعام و بێتحۆرۆن و [٦٩]ئەیالۆن و گەت ڕیمۆن بە لەوەڕگاکانیانەوە درا پێیان.

[٧٠]لە خاکی نیوەکەی دیکەی هۆزی مەنەشەش، شارۆچکەکانی عانێر و بیلەعام بە لەوەڕگاکانیانەوە، بە خێڵەکانی دیکەی قەهاتییەکان درا.

[٧١]نەوەی گێرشۆن ئەم شارۆچکانەیان وەرگرت:
لە خاکی نیوەی هۆزی مەنەشە،
شارۆچکەی گۆلان لە باشان و شارۆچکەی عەشتارۆت بە لەوەڕگاکانیانەوە؛
[٧٢]لە خاکی هۆزی یەساخاریش،
شارۆچکەکانی قەدەش، داڤەرەت، [٧٣]ڕامۆت و عانێم بە لەوەڕگاکانیانەوە؛
[٧٤]لە خاکی هۆزی ئاشێریش،
شارۆچکەکانی ماشال، عەڤدۆن، [٧٥]حوقۆق و ڕەحۆڤ بە لەوەڕگاکانیانەوە؛
[٧٦]لە خاکی هۆزی نەفتالیش،
شارۆچکەی قەدەش لە جەلیل و شارۆچکەکانی حەمۆن و قیریاتەیم بە لەوەڕگاکانیانەوە.

[٧٧]لێڤییەکانی دیکە کە لە نەوەی مەراری بوون ئەم شارۆچکانەیان وەرگرت:
لە خاکی هۆزی زەبولون،
شارۆچکەکانی یۆقنەعام، قەرتا، ڕمۆنۆ و تاڤۆر بە لەوەڕگاکانیانەوە؛
[٧٨]لە خاکی هۆزی ڕەئوبێن لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا،
شارۆچکەی بەچەر لە چۆڵەوانی و شارۆچکەکانی یەهچا، [٧٩]قەدێمۆت و مێفەعەت بە لەوەڕگاکانیانەوە؛
[٨٠]هەروەها لە خاکی هۆزی گادیش،
شارۆچکەی ڕامۆت لە گلعاد و شارۆچکەکانی مەحەنەیم، [٨١]حەشبۆن و یەعزێر بە لەوەڕگاکانیانەوە.

[a] ٦٠ گبعۆن: بڕوانە یەشوع ٧:٢١.

## یەساخار

٧ کوڕەکانی یەساخاریش چوار بوون:
تۆلاع، پوڤە، یاشوڤ و شیمرۆن.
٢ کوڕەکانی تۆلاع:
عوزی، ڕفایا، یەریێل، یەحمەی، یەڤسام و
سامویێل، کە گەورەکانی بنەماڵەکانیان بوون.
نەوەی تۆلاع بوون و لە ماوەی پاشایەتی
داود، ژمارەیان بیست و دوو هەزار و شەش
سەد جەنگاوەر بوو، بەپێی ڕەچەڵەکیان کە لە
تۆمارەکاندا هاتووە.
٣ کوڕەکەی عوزی:
یزرەحیا بوو،
کوڕەکانی یزرەحیاش:
میکائیل، عۆبەدیا، یۆئێل و یەشیا، ئەمانە هەر
پێنجیان سەرکردە بوون. ٤ بەپێی ڕەچەڵەك و
بنەماڵەکانیان، سی و شەش هەزار جەنگاوەری
ئامادەباشیان هەبوو بۆ جەنگ، چونکە ژن و
منداڵیان زۆر بوو.
٥ خزمەکانیشیان لە هەموو خێڵەکانی یەساخار،
جەنگاوەری ئازا بوون بەپێی ڕەچەڵەکیان کە
لە تۆمارەکاندا هاتووە بە هەموویانەوە هەشتا
و حەوت هەزار جەنگاوەر بوون.

## بنیامین

٦ کوڕەکانی بنیامینیش سێ بوون:
بەلەع، بەکەر و یەدیعێل.
٧ کوڕەکانی بەلەع پێنج بوون:
ئەچبۆن، عوزی، عوزیێل، یەریمۆت و عیری،
ئەمانیش گەورەی بنەماڵەکانیان بوون،
نەوەکانیان بەپێی ڕەچەڵەکیان بیست و دوو
هەزار و سی و چوار جەنگاوەر بوون.
٨ کوڕەکانی بەکەریش:
زەمیرا، یۆعاش، ئەلیعەزەر، ئەلیۆعێنەی،
عۆمری، یەرێمۆت، ئەبیا، عەناتۆت و
عالەمەت، هەموو ئەمانە کوڕی بەکەر بوون.
٩ لەناو ڕەچەڵەکنامەکەیان بیست هەزار و دوو
سەد جەنگاوەر تۆمار کران، بەپێی گەورەی
بنەماڵەکانیان.
١٠ کوڕەکەی یەدیعێلیش:
بلهان بوو،
کوڕەکانی بلهانیش:
یەعوش، بنیامین، ئێهود، کەنعەنا، زێتان،
تەرشیش و ئەحیشاحەر. ١١ هەموو ئەوانە
گەورەی بنەماڵەکانی یەدیعێل بوون، حەڤدە
هەزار و دوو سەد جەنگاوەری ئامادەباش بۆ
جەنگ.
١٢ شوپیم و حوپیم لە نەوەی عیر بوون، حوشیمیش
لە نەوەی ئەحێر بوو.

## نەفتالی

١٣ کوڕەکانی نەفتالی:
یەحزئێل، گۆنی، یێچەر و شلێم کە نەوەی
بیلهە[a] بوون.

## مەنەشە

١٤ نەوەکانی مەنەشە:
نەوەی مەنەشە لە کەنیزە ئارامییەکەی:
ماکیری باوکی گلعاد. هەروەها ئەسرییێل لە
نەوەکانیان بوو. ١٥ ماکیر ژنێکی هێنا ناوی
مەعکا بوو، کە خوشکی شوپیم و حوپیم بوو.
هەروەها سەلۆفحاد لە نەوەکانی بوو، کە
تەنها کچی هەبوو.
١٦ مەعکای ژنی ماکیر کوڕێکی بوو ناوی
لێنا پەرەش و براکەشی ناوی شەرەش بوو،
کوڕەکانیشی ناویان ئولام و ڕەقەم بوون.
١٧ کوڕەکەی ئولامیش:
بدان بوو.
ئەوانە نەوەی گلعادی کوڕی ماکیری کوڕی
مەنەشە بوون. ١٨ هەمۆلەخەتی خوشکی
گلعادیش ئیشهۆد و ئەڤیعەزەر و مەحلەی
بوو.

[a] ١٣ کەنیزەی ڕاحێل بوو، بڕوانە پەیدابوون ٢٩:٢٩.

[١٩]کوڕەکانی شەمیداعیش:
ئەحیان، شەخەم، لیقحی و ئەنیعام.

## ئەفرایم

[٢٠]نەوەی ئەفرایمیش بەرەو خوارەوە:
شوتەلەح کوڕی ئەفرایم، بەرەد کوڕی شوتەلەح،
تەحەس کوڕی بەرەد، ئەلیعادا کوڕی تەحەس،
تەحەس کوڕی ئەلیعادا، [٢١]زاڤاد کوڕی تەحەس و
شوتەلەح کوڕی زاڤاد.
عێزەر و ئەلعاد بوون کە لەلایەن پیاوانی گەت کە خەڵکی خاکەکە بوون کوژران، چونکە چوون بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانی گەتییەکان ببەن. [٢٢]جا ئەفرایمی باوکیان ماوەیەکی درێژ ماتەمینی بۆ گرتن و خزمەکانیشی هاتن بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لێ بکەن. [٢٣]پاشان لەگەڵ ژنەکەیدا جووت بووەوە و ژنەکەی سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو و ناوی لێنا بەریعە، چونکە بەڵایەك بەسەر ماڵەکەیدا هاتبوو. [٢٤]هەروەها کچەکەی ناوی شەئەرا بوو کە بێتحۆرۆنی خواروو و ژووروو و ئوزێن شەئرای بنیاد نا.
[٢٥]ڕەفەحیش کوڕی ئەفرایم بوو، ڕەشەف کوڕی ڕەفەح،
تەلەح کوڕی ڕەشەف، تەحەن کوڕی تەلەح،
[٢٦]لەعدان کوڕی تەحەن، عەمیهود کوڕی لەعدان،
ئەلیشاماع کوڕی عەمیهود، [٢٧]نون کوڕی ئەلیشاماع و
یەشوع کوڕی نون.
[٢٨]زەوی و زار و نشینگەکانیشیان شارۆچکەی بێتئێل و گوندەکانی دەوروبەری بوون، بەرەو ڕۆژهەڵاتیش نەعەران و بەرەو ڕۆژئاواش شارۆچکەی گەزەر و گوندەکانی، هەروەها شارۆچکەی شەخەم و گوندەکانی هەتا عەییا و گوندەکانی. [٢٩]بەلای سنوورەکانی نەوەی مەنەشەشدا، بێتشان و تەعنەك و مەگیدۆ و دۆر بوون. لەناو ئەم شارۆچکانە و دەوروبەریاندا نەوەی یوسفی کوڕی ئیسرائیل نیشتەجێ بوون.

## ئاشێر

[٣٠]کوڕەکانی ئاشێر:
یمنە، یەشڤە، یەشڤی و بەریعە و سەرەح خوشکیان بوو.
[٣١]کوڕەکانی بەریعە:
حەڤەر و مەلکیێل، مەلکیێل باوکی بیرزایت بوو.
[٣٢]کوڕەکانی حەڤەر:
یەفلێت، شۆمێر و حۆتام و شوەع خوشکیان بوو.
[٣٣]کوڕەکانی یەفلێت:
پاسەك، بیمهال و عەشڤات.
ئەمانە کوڕەکانی یەفلێت بوون.
[٣٤]کوڕەکانی شۆمێر:
ئەحی، ڕوهگا، هوبا و ئارام.
[٣٥]کوڕەکانی هێلەمی براشی:
چۆفەح، یەمناع، شێلەش و عامال.
[٣٦]کوڕەکانی چۆفەح:
سووەح، حەرنەفەر، شوعال، بێری، یەمرا،
[٣٧]بەچەر، هۆد، شەما، شیلشا، یەتران و بئێرا.
[٣٨]کوڕەکانی یەتەر:
یەفونە، پیسپا و ئەرا.
[٣٩]کوڕەکانی عولا:
ئارەح، حەنیێل و ڕیچیا.
[٤٠]هەموو ئەوانە لە نەوەی ئاشێر بوون. گەورەی بنەماڵە و پیاوی هەڵبژاردە و جەنگاوەر و سەرکردەی دیار بوون. بەپێی ڕەچەڵەکیان لە تۆمارەکاندا ژمارەی ئەو پیاوانەی ئامادەباش بوون بۆ جەنگ بیست و شەش هەزار بوون.

## بنەچەی شاولی بنیامینی

٨ بنیامین بەلەعی بوو کە کوڕە نۆبەرەکەی بوو، ئەشبێل دووەم، ئەحەرەح سێیەم،
[٢] نۆحا چوارەم و ڕافا پێنجەم بوو.
[٣] کوڕانی بەلەع:
ئەدار، گێرا، ئەبیهود، [٤] ئەبیشوەع، نەعمان، ئەحۆحا، [٥] گێرا، شەفوفان و حورام.
[٦] ئەمانەش نەوەکانی ئیحودن، کە گەورەی بنەماڵەکانی دانیشتووانی گەڤەع بوون و بۆ مەناحەت ڕاگوێزران:
[٧] نەعمان، ئاحییا و گێرا. گێراش سەرپەرشتیاری کۆچکردنیان بوو، هەروەها باوکی عوزە و ئەحیحود بوو.
[٨] شەحەرەیم لە وڵاتی مۆئاب چەند کوڕێکی بوو، پاش ئەوەی حوشیم و بەعرای ژنی تەڵاق دا، [٩] لە حۆدەشی ژنی، یۆڤاڤ، چیبیا، مێشا، مەلکام، [١٠] یەعوچ، ساخیا و میرمای بوو، ئەوانە کوڕەکانی بوون و گەورەی بنەماڵەکانیان بوون.
[١١] لە حوشیمی ژنیشی ئەبیتوڤ و ئەلپەعەلی بوو.
[١٢] کوڕەکانی ئەلپەعەل:
عێبەر، میشعام و شەمەد، شەمەد ئەوەی کە شارۆچکەی ئۆنۆ و شارۆچکەی لۆد و دەوروبەری بنیاد نا. [١٣] هەروەها بەریعە و شەمەع، ئەوان گەورەی بنەماڵەکانی دانیشتووانی ئەیالۆن بوون و ئەوان دانیشتووانی گەتیان وەدەرنا.
[١٤] هەروەها ئەحیۆ، شاشاق، یەریمۆت، [١٥] زەڤەدیا، عەراد، عەدەر، [١٦] میکائیل، یەشپا و یۆحا، کوڕی بەریعە بوون.
[١٧] زەڤەدیا، مەشولام، حیزقی، حەڤەر، [١٨] یەشمەری، یزلیا و یۆڤاڤ کوڕی ئەلپەعەل بوون.
[١٩] یاقیم، زکری، زەبدی، [٢٠] ئەلیعێنەی، چیلەتەی، ئەلیێل، [٢١] عەدایا، بەرایا و شیمرات کوڕی شیمعی بوون.
[٢٢] یەشپەن، عێبەر، ئەلیێل، [٢٣] عەڤدۆن، زکری، حانان، [٢٤] حەنەنیا، ئیلام، عەنتۆتیا، [٢٥] یەفدەیا و پەنوئێل کوڕی شاشاق بوون.
[٢٦] شەمشەرەی، شەحەریا، عەتەلیا، [٢٧] یەعەرەشیا، ئەلیاس و زکری کوڕی یەرۆحام بوون.
[٢٨] ئەمانە گەورەی بنەماڵەکانیان و بەپێی ڕەچەڵەکیان کە لە تۆمارەکاندا هاتووە سەرکردە بوون و لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوون.

[٢٩] یەعیێلی باوکی گبعۆنیش لە گبعۆندا نیشتەجێ بوو.
ژنەکەی ناوی مەعکا بوو، [٣٠] عەڤدۆن کوڕە نۆبەرەکەی بوو، پاشان چوور، قیش، بەعل، نێر، ناداب، [٣١] گەدۆر، ئەحیۆ، زەکەریا و [٣٢] میقلۆت بوو، میقلۆتیش شیمەعای بوو. ئەوانیش لەگەڵ خزمەکانیان، لە نزیکی یەکتر لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون.
[٣٣] نێر قیشی بوو، قیش شاولی بوو، شاولیش ئەم کوڕانەی بوو: یۆناتان، مەلکیشوەع، ئەبیناداب و ئەشبەعل[a].
[٣٤] یۆناتان مەریڤبەعلی بوو،
مەریڤبەعلیش[b] میخای بوو.
[٣٥] ئەمانە کوڕەکانی میخا بوون:
پیتۆن، مەلەخ، تەرێیەع و ئاحاز.
[٣٦] ئاحاز یەهۆعەدای بوو، یەهۆعەداش ئەم کوڕانەی بوو: عالەمەت، عەزماڤەت و زیمری؛ زیمریش مۆچای بوو. [٣٧] مۆچا بینەعای بوو، بینەعا ڕافەی بوو، ڕافە ئەلیعاسای بوو، ئەلیعاسا ئاچێلی بوو.
[٣٨] ئاچێل شەش کوڕی هەبوو، ئەمەش ناوەکانیانە:
عەزریقام، بۆخەرو، ئیسماعیل، شەعەریا، عۆبەدیا و حانان. هەموو ئەمانە کوڕەکانی ئاچێل بوون.
[٣٩] کوڕەکانی عێشەقی برای:

---

[a] ٣٣ ئەشبەعل: هەروەها بە ناوی ئیشبۆشەت ناسراوە.
[b] ٣٤ مەریڤبەعل: هەروەها بە ناوی مەفیبۆشەت ناسراوە.

ئولام کوڕە نۆبەرەکەی بوو، یەعوش دووەم و ئەلیفەلەت سێیەم بوو. [٤٠]کوڕەکانی ئولامیش پاڵەوانی ئازا و تیرئەنداز بوون و کوڕ و کوڕەزایەکی زۆریان هەبوو و هەموویان سەد و پەنجا کەس بوون.
ئەمانە هەموویان لە نەوەی بنیامین بوون.

٩ ڕەچەڵەکی هەموو ئیسرائیل تۆمارکرا و لە پەڕتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهودا نووسراون. بەهۆی ناپاکییانەوە بۆ بابل ڕاپێچ کران.

## دانیشتووانی ئۆرشەلیم

[٢]ئەوانەی کە یەکەم جار گەڕانەوە و لەناو زەوی و زار و شارۆچکەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون، هەندێك ئیسرائیلی و کاهین و لێڤی و کۆیلەی تەرخانکراو[a] بوون.

[٣]ئەوانەی لە نەوەی یەهودا، لە نەوەی بنیامین، لە نەوەی ئەفرایم و مەنەشە لە ئۆرشەلیمدا نیشتەجێ بوون، ئەمانە بوون:

[٤]عوتەیی کوڕی عەمیهودی کوڕی عۆمری کوڕی ئیمریی کوڕی بانی لە نەوەی پێرێزی کوڕی یەهودا بوو؛

[٥]لە شالەحییەکان:
عەسایای نۆبەرە و کوڕەکانی؛

[٦]لە نەوەی زەرەح:
یەعوئێل؛
سەرجەم ئەوانەی لە نەوەی یەهودا لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون شەش سەد و نەوەد کەس بوون.

[٧]لە نەوەی بنیامین:
سەلوی کوڕی مەشولامی کوڕی هۆدەیڤاهوی کوڕی هەسەنوئا؛

[٨]یەڤنەیای کوڕی یەرۆحام؛ ئێلەی کوڕی عوزی کوڕی میخری و مەشولامی کوڕی شەفەتیای کوڕی ڕەعوئێلی کوڕی یەڤنییا.

[٩]سەرجەم نەوەی بنیامین کە بەپێی ڕەچەڵەکیان تۆمار کرابوون، نۆ سەد و پەنجا و شەش کەس بوون. هەموو ئەم پیاوانەی گەورەی بنەماڵەکانیان بوون.

[١٠]لە کاهینەکان:
یەدایا، یەهۆیاریڤ، یاکین،

[١١]عەزەریای کوڕی حیلقیای کوڕی مەشولامی کوڕی سادۆقی کوڕی مەرایۆتی کوڕی ئەحیتوڤی لێپرسراوی ماڵی خودا بوو؛

[١٢]عەدایای کوڕی یەرۆحامی کوڕی پەشحوری کوڕی مەلکیا و مەعسەیی کوڕی عەدیێلی کوڕی یەحزێرای کوڕی مەشولامی کوڕی مەشیلێمیتی کوڕی ئیمێر.

[١٣]سەرجەم کاهینەکان، کە گەورەی بنەماڵەکانیان بوون، هەزار و حەوت سەد و شەست کەس بوون. بە توانا و بەرپرسیار بوون بۆ ئەنجامدانی خزمەتی ماڵی خودا.

[١٤]لە لێڤییەکان:
شەمەعیای کوڕی حەشوڤی کوڕی عەزریقامی کوڕی حەشەڤیا لە نەوەی مەراری؛ [١٥]بەقبەقەر و حەرەش و گالال و مەتەنیای کوڕی میکای کوڕی زکری کوڕی ئاساف؛ [١٦]عۆبەدیای کوڕی شەمەعیای کوڕی گالالی کوڕی یەدوتون؛ هەروەها بەرەخیای کوڕی ئاسای کوڕی ئەلقانە، کە لە گوندەکانی نەتۆفاتییەکان نیشتەجێ بوو.

[١٧]دەرگاوانەکان:
شەلوم، عەقوڤ، تەلمۆن، ئەحیمەن و براکانیان، شەلوم سەرۆکیان بوو. [١٨]هەتا ئەو کاتەش لەلای ڕۆژهەڵاتی دەروازەی پاشا، ئەوان دەرگاوانی ئۆردوگای نەوەی لێڤی بوون. [١٩]شەلومی کوڕی قۆرێی کوڕی ئەبیاسافی کوڕی قۆرەح و براکانی، ئەوانەی لە بنەماڵەی قۆرەحییەکان بوون، ئەرکی خزمەت

[a] ٢ نەریتێك بووە کۆیلە دەبەخشرایە پەرستگا بۆ خزمەتکردن.

و پاسەوانییێتی بەردەرگاکانی پەرستگاکەیان[a] لە ئەستۆ بوو، هەروەك چۆن باوباپیرانیشیان ئەرکی پاسەوانییێتی دەروازەی ئۆردوگای یەزدانیان لە ئەستۆ گرتبوو. [٢٠]پێشتر فینەحاسی کوڕی ئەلعازار سەرۆکی دەرگاوانەکان بوو و یەزدانیش لەگەڵیدا بوو. [٢١]زەکەریای کوڕی مەشەلەمیاش دەرگاوانی دەرگای «چادری چاوپێکەوتن» بوو.

[٢٢]هەموو ئەوانەی بە دەرگاوانی بەردەرگاکان هەڵبژێردران دوو سەد و دوازدە کەس بوون و بەپێی ڕەچەڵەکیان لە گوندەکانیاندا تۆمار کران، باوباپیرانیان لەلایەن داود و ساموئێلی پێشبینیکەرەوە لەسەر ئەو بەرپرسیارێتییە دانرابوون. [٢٣]خۆیان و نەوەکانیان ئەرکی پاسەوانییێتی دەرگاکانی ماڵی یەزدانیان لە ئەستۆ بوو، ئەو ماڵەی کە پێی دەگوترا «چادری چاوپێکەوتن». [٢٤]دەرگاوانەکان لە هەر چوار لادا بوون، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور. [٢٥]دەبوایە برا لێڤییەکانیشیان بە نۆرە لە گوندەکانیانەوە بێن و لە جێی ئەوان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ پاسەوان بن. [٢٦]بەڵام هەر چوار سەرۆکی دەرگاوانەکان، کە لێڤی بوون، بەرپرسی ژوور و گەنجینەکانی ماڵی خودا بوون. [٢٧]لە چواردەوری ماڵی خودا شەویان بەسەردەبرد، چونکە پاسەوانییێتییان لەسەر بوو، هەروەها هەموو بەیانییەك لێپرسراوی کردنەوەی بوون.

[٢٨]هەندێکیشیان لێپرسراوی قاپوقاچاغەکانی خزمەتکردن[b] بوون، چونکە بە ژمارە دەیانهێنانە دەرەوە و بە ژمارەش دەیانبردنەوە ژوورەوە. [٢٩]هەندێکی دیکەشیان ئەمینداری قاپوقاچاغەکان و هەموو کەلوپەلەکانی پیرۆزگا و باشترین ئارد و شەراب و زەیتی زەیتوون و بخوور و بۆنوبەرام بوون. [٣٠]هەندێك لە نەوەی کاهینەکانیش بۆنوبەرامەکانیان دەگرتەوە. [٣١]مەتیسیا یەکێك بوو لە لێڤییەکان، ئەو نۆبەرەی شەلومی قۆرەحی بوو، بەرپرسیار بوو بۆ ئامادەکردنی نانی پێشکەشکراو. [٣٢]هەندێکیش لە نەوەی قەهاتییەکان، لە برا لێڤییەکانیان، بەرپرسیار بوون لە ئامادەکردنی نانی تەرخانکراو هەموو ڕۆژانێکی شەممە.

[٣٣]مۆسیقاژەنەکان کە گەورەی بنەماڵەی لێڤییەکان بوون لە ژوورەکانی پەرستگا جێگیر بوون و لە کاری دیکە بەخشرابوون، چونکە ئەوان بەردەوام بە ڕۆژ و بە شەو سەرقاڵی کارەکەیان بوون.

[٣٤]ئەمانە گەورەی بنەماڵە لێڤییەکان بوون، بەپێی ڕەچەڵەکیان کە لە تۆمارەکاندا هاتووە سەرکردە بوون و لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون.

## بنەچەی شاول

[٣٥]یەعیێلی باوکی گبعۆنیش لە گبعۆندا نیشتەجێ بوو.
ژنەکەی ناوی مەعکا بوو، [٣٦]عەڤدۆن کوڕە نۆبەرەکەی بوو، پاشان چوور، قیش، بەعل، نێر، ناداب، [٣٧]گەدۆر، ئەحیۆ، زەکەریا و میقلۆت، [٣٨]میقلۆتیش شیمەئامی بوو. ئەوانیش لەگەڵ خزمەکانیان، لە نزیکی یەکتر لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون.
[٣٩]نێر قیشی بوو، قیش شاولی بوو، شاولیش ئەم کوڕانەی بوو: یۆناتان، مەلکیشوەع، ئەبیناداب و ئەشبەعل[c].
[٤٠]یۆناتان مەریڤبەعلی بوو،
مەریڤبەعلیش[d] میخای بوو.
[٤١]ئەمانە کوڕەکانی میخا بوون:
پیتۆن، مەلەخ، تەحرێیەع و ئاحاز.
[٤٢]ئاحاز یادای بوو، یاداش ئەم کوڕانەی بوو: عالەمەت، عەزماڤەت و زیمری، زیمریش مۆچای بوو. [٤٣]مۆچا بینەعای بوو، بینەعا ڕافەی بوو، ڕافە ئەلیعاسای بوو، ئەلیعاسا ئاچێلی بوو.

[a] ١٩ لە زمانی عیبری بە وشەی ئۆهەل واتە (چادرەکە) هاتووە، کە مەبەستی لە پەرستگاکەیە، لێرە و لە ئایەتەکانی ٢١،٢٣.

[b] ٢٨ خزمەتکردن: واتە خزمەت لە پەرستگادا.

[c] ٣٩ ئەشبەعل: هەروەها بە ناوی ئیشبۆشەت ناسراوە.

[d] ٤٠ مەریڤبەعل: هەروەها بە ناوی مەفیبۆشەت ناسراوە.

٤٤ ئاچێل شەش کوڕی هەبوو، ئەمەش ناوەکانیانە: عەزریقام، بۆخەرو، ئیسماعیل، شەعەریا، عۆبەدیا و حانان. ئەمانە کوڕەکانی ئاچێل بوون.

## خۆکوشتنی شاول

١٠ فەلەستییەکان لە دژی ئیسرائیل جەنگان و پیاوانی ئیسرائیل لەبەردەم فەلەستییەکان هەڵاتن، ژمارەیەکی زۆریان بە کوژراوی لە کێوی گلبۆع کەوتن. ٢ فەلەستییەکان بە گوڕەوە دوای شاول و کوڕەکانی کەوتن، یۆناتان و ئەبیناداب و مەلکیشوەعی کوڕەکانی شاولیان کوشت. ٣ جەنگەکە لەسەر شاول توندتر بوو، تیرهاوێژەکان دۆزییانەوە و پێکایان.

٤ شاول بە هەڵگری تفاقەکانی گوت: «شمشێرەکەت دەربێنە و بمکوژە، نەوەک ئەو خەتەنە نەکراوانە بێن و سووکایەتیم پێ بکەن.»

بەڵام هەڵگری تفاقەکانی ڕازی نەبوو، چونکە زۆر ترسا. جا شاول شمشێرەکەی برد و خۆی بەسەریدا دا. ٥ کاتێک هەڵگری تفاقەکانی بینی شاول مردووە، ئەویش خۆی بەسەر شمشێرەکەیدا دا و مرد. ٦ شاول و هەر سێ کوڕەکەی و هەموو ماڵەکەی پێکەوە مردن.

٧ کاتێک هەموو ئەو ئیسرائیلییانەی لەناو دۆڵەکەدا بوون، بینییان کە سوپاکە هەڵاتوون و شاول و کوڕەکانی مردوون، شارۆچکەکانیان بەجێهێشت و هەڵاتن، فەلەستییەکانیش هاتن و تێیاندا نیشتەجێ بوون.

٨ بۆ ڕۆژی دوای ئەوە کاتێک فەلەستییەکان بۆ تاڵانکردنی کوژراوەکان هاتن، شاول و کوڕەکانی ئەویان دۆزییەوە لە کێوی گلبۆع کەوتبوون. ٩ ئینجا ڕووتیان کردەوە و کەللەسەر و زرێیەکەیان[a] برد، بە هەموو لایەکدا نێردراویان بۆ خاکی فەلەستییەکان نارد، تاوەکو مژدە بدەنە بتەکانیان و گەلەکەیان. ١٠ ئینجا زرێیەکەیان لە پەرستگای خوداوەندەکانیاندا دانا و کەللەسەریشیان لەناو پەرستگای داگۆن هەڵواسی.

١١ کاتێک هەموو دانیشتووانی یابێش گلعاد ئەو شتانەیان بیستەوە کە فەلەستییەکان بە شاولیان کردبوو، ١٢ هەموو پیاوە دلێرەکانیان هەستان و لاشەکەی شاول و لاشەی کوڕەکانی ئەویان هەڵگرت و هێنایانە یابێش. لەژێر دار بەڕووەکەی یابێش ئێسکەکانیان ناشت، حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بوون.

١٣ شاول مرد بەهۆی ناپاکییەکەی کە لە بەرامبەر یەزدان کردی، کە فەرمایشتی یەزدانی پەیڕەو نەکرد، تەنانەت پرسوڕای بە نێوانگر[b] کرد بۆ ڕێنمایی و ١٤ داوای ڕێنمایی لە یەزدان نەکرد، جا یەزدان کوشتی و پاشایەتییەکەشی دایە دەست داودی کوڕی یەسا.

## بەپاشابوونی داود لە ئیسرائیل

١١ هەموو ئیسرائیل هاتنە حەبرۆن بۆ لای داود، گوتیان: «ئەوەتا ئێمە لە گۆشت و خوێنی تۆین. ٢ لە ڕابردوودا و تەنانەت کاتێک کە شاولیش پاشامان بوو، تۆ هەر ڕابەرایەتی سوپای ئیسرائیلت دەکرد، یەزدانی خوداشت پێی فەرموویت: ”تۆ شوانایەتی ئیسرائیلی گەلەکەم دەکەیت و دەبیتە فەرمانڕەوایان.“»

٣ هەروەها هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتنە حەبرۆن بۆ لای پاشا، داودیش لەبەردەم یەزدان لە حەبرۆن پەیمانی لەگەڵدا بەستن، ئەوانیش بەپێی فەرمایشتی یەزدان کە لە ڕێگەی ساموئێلەوە فەرمووبووی، داودیان بە پاشای ئیسرائیل دەستنیشان کرد.

## دەست بەسەرداگرتنی ئۆرشەلیم لەلایەن داودەوە

٤ داود و هەموو ئیسرائیل چوونە ئۆرشەلیم، یەبوسە[c] و یەبوسییەکانی دانیشتووانی خاکەکەش

[a] ٩ زرێ: بەرگێکی کانزایییە کە لە کاتی شەڕ دەپۆشرێت.

[b] ١٣ نێوانگر: لێرەدا بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا. بڕوانە لێڤییەکان ٦:٢٠.

[c] ٤ یەبوس یەکێکە لە ناوەکانی ئۆرشەلیم.

[٥]بە داوودیان گوت: «تۆ ناتوانێت بێیت بۆ ئێرە.» بەڵام داود دەستی بەسەر قەڵای سییۆندا گرت کە ئێستا بە شاری داود ناسراوە.

[٦]داود پێشتر گوتبووی: «ئەوەی یەکەم جار لە یەبوسییەکان بدات دەبێتە فەرماندەی گشتی سوپا.» یۆئابی کوڕی چەرویا یەکەم جار سەرکەوت و بووە سەرکردە.

[٧]پاشان داود لە قەڵاکە نیشتەجێ بوو، لەبەر ئەوە ناویان نا شاری داود. [٨]شارەکەی بە چواردەوریدا فراوان کرد، لە تەلانەکانەوە[a] هەتا شووراکەی چواردەوری. یۆئابیش پاشماوەی شارەکەی نۆژەن کردەوە. [٩]هەروەها داود هەتا دەهات مەزنتر دەبوو، یەزدانی سوپاسالاریش لەگەڵی بوو.

## پاڵەوانەکانی داود

[١٠]ئەمانەش سەرکردە پاڵەوانەکانی داود بوون، ئەوانەی کە لەگەڵ هەموو ئیسرائیل پشتگیری بەهێزیان لە پاشایەتییەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی هەموو خاکەکە بخەنە ژێر ڕکێفی داود، هەروەك چۆن یەزدان بەڵێنی پێدابوو. [١١]ئەمەش لستی پاڵەوانەکانی داودە:

یاشۆڤعامی کوڕی حەکمۆنی یەکێك بوو لە سێ پاڵەوانەکەی نێو هێزی تایبەت. ئەو بوو بە ڕمەکەی لە شەڕێکدا سێ سەد کەسی کوشت.

[١٢]پاش ئەویش، ئەلعازاری کوڕی دۆدایی ئەحۆحی هەبوو، کە یەکێك بوو لە سێ پاڵەوانەکە. [١٣]ئەو لە پەس دەممیم لەگەڵ داود بوو، کاتێك فەلەستییەکان لەوێ بۆ جەنگ کۆببوونەوە. لە کێڵگەیەکی پڕ لە جۆ لەشکرەکە لەبەردەم فەلەستییەکاندا هەڵات، [١٤]بەڵام ئەوان لەناوەڕاستی کێڵگەکەدا ڕاوەستان. بەرگرییان کرد و لە فەلەستییەکانیان دا، یەزدانیش سەرکەوتنێکی گەورەی پێ بەخشین.

[١٥]سێ پاڵەوانی هەڵبژاردە لە ڕیزی سی پاڵەوانەکەی هێزی تایبەت بۆ لای داود دابەزین، بۆ سەر گابەردەکە لە ئەشکەوتی عەدولام، لەشکری فەلەستییەکانیش لە دۆڵی ڕفایم دامەزرابوون. [١٦]لەو کاتەدا داود لە قەڵاکە بوو، سەربازگەی فەلەستییەکانیش لە بێتلەحم بوو. [١٧]داود ئاهی هەڵکێشا و گوتی: «کێ لە بیرەکەی بێتلەحم، ئەوەی لەلای دەروازەکەیە ئاوم بۆ دەهێنێت؟» [١٨]ئیتر ئەو سێیە هێڵی ئۆردوگای فەلەستییەکانیان بەزاند و لە بیرەکەی بێتلەحمەوە ئەوەی لەلای دەروازەکەیە ئاویان هەڵکێشا و هەڵیانگرت، هێنایان بۆ داود، ئەویش نەیویست بیخواتەوە، بەڵکو وەك پێشکەشکراوێك بۆ یەزدان ڕشتی. [١٩]گوتی: «ئەی خودایە، لە من بەدوور بێت، ئەمە بکەم. ئایا خوێنی ئەم پیاوانە بخۆمەوە کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە؟» لەبەر ئەوەی بە گیان لەسەر دەستی هێنایان، داود نەیویست بیخواتەوە.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ئازایەتییەکانی سێ پاڵەوانەکە.

[٢٠]ئەبیشەی برای یۆئاب ڕابەری سێ پاڵەوانەکەی هێزی تایبەت بوو. ئەو بە ڕمەکەی لەگەڵ سێ سەد کەس جەنگا و کوشتنی، وەك سێ پاڵەوانەکە ناوبانگی هەبوو. [٢١]ئەو دوو ئەوەندە زیاتر لە سێ پاڵەوانەکە ڕێزی لێ دەگیرا و بووە فەرماندەیان، بەڵام ناوبانگی نەدەگەیشتە سێیەکەی یەکەم.

[٢٢]بەنایای کوڕی یەهۆیاداعی خەڵکی قەڤچەئێل کوڕێکی بەجەرگ بوو، زۆر قارەمانییێتی نواندبوو. هەر ئەو لە دوو شێرە پیاوەکەی مۆئابی دا، هەروەها لە ڕۆژێکی بەفردا دابەزییە ناو چاڵێك و شێرێکی کوشت. [٢٣]ئەویش بوو کە لە پیاوێکی میسری زەبەلاحی دا، باڵای پێنج باڵ[b] بوو، پیاوە میسرییەکە ڕمێکی بەدەستەوە بوو وەك نۆردی جۆڵاکان بوو، بەنایاش بە گۆچانێکەوە بۆی دابەزی. ڕمەکەی لە دەستی میسرییەکە ڕفاند و بە ڕمەکەی خۆی کوشتی. [٢٤]ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە ئازایەتییەکانی بەنایای کوڕی یەهۆیاداع، وەك سێ پاڵەوانەکە ناوبانگی پەیدا کرد. [٢٥]لە سی پاڵەوانەکە

[a] ٨ تەلان: بەرازاییەکانیان لە شێوەی پایە ڕێکخستووە، بۆ پاڵپشتی کۆشکی پاشا سوودی لێ وەرگیراوە.

[b] ٢٣ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

زیاتر ڕێزی لێ دەگیرا، بەڵام ناوبانگی نەگەیشتە سێیەکە، ئیتر داود کردییە بەرپرسی پاسەوانەکانی خۆی.

٢٦ ئەمانەش جەنگاوەرە قارەمانەکان بوون:
عەساهێلی برای یۆئاب،
ئەلحانانی کوڕی دۆدۆی بێتلەحمی،
٢٧ شەمۆتی هەراری،
حەلەچی پەلۆنی،
٢٨ عیرای کوڕی عیقێشی تەقۆعی،
ئەڤیعەزەری عەناتۆتی،
٢٩ سیبەخەیی حوشاتی،
عیلەیی ئەحۆحی،
٣٠ مەهەرەیی نەتۆفاتی،
حێلەدی کوڕی بەعەنای نەتۆفاتی،
٣١ ئیتەیی کوڕی ڕیڤەی کە خەڵکی گیڤعای بنیامین بوو،
بەنایای پیرعاتۆنی،
٣٢ حورەیی خەڵکی شیوەکانی گاعەش،
ئەبیێلی عەرڤاتی،
٣٣ عەزماڤەتی بەحەرومی،
ئەلیەحبای شەعەلڤۆنی،
٣٤ کوڕەکانی هاشێمی گیزۆنی،
یۆناتانی کوڕی شاگێی هاراری،
٣٥ ئەحیامی کوڕی ساکاری هاراری،
ئەلیفەلی کوڕی ئوور،
٣٦ حێفەری مەخێراتی،
ئاحییای پەلۆنی،
٣٧ حەسرۆی کەرمەلی،
نەعرەیی کوڕی ئەزبای،
٣٨ یۆئێلی برای ناتان،
میڤحاری کوڕی هەگری،
٣٩ چەلەقی عەمۆنی،
نەحرەیی بێرۆتی کە هەڵگری تفاقەکانی یۆئابی کوڕی چەرویا بوو،
٤٠ عیرای یەتری،
گارێڤی یەتری،
٤١ ئوریای حیتی،
زاڤادی کوڕی ئەحلای،
٤٢ عەدینای کوڕی شیزای ڕەئوبێنی کە سەرۆکی ڕەئوبێنییەکان بوو و سی پیاوی لەگەڵدا بوو،
٤٣ حانانی کوڕی مەعکا،
یۆشافاتی میسنی،
٤٤ عوزییای عەشتەراتی،
کوڕەکانی حۆتامی عەرۆعێری کە شاماع و یەعیێل بوون،
٤٥ یەدیعێلی کوڕی شیمری و
براکەشی بە ناوی یۆحای تیچی،
٤٦ ئەلیێلی مەحەڤی،
هەردوو کوڕەکەی ئەلناعەم کە یەریڤەی و یۆشەڤیا بوون،
هەروەها یەتمای مۆئابی،
٤٧ ئەلیێل، عوبێد و یەعسیێلی مەچۆڤایای.

## هاتنەپاڵی پاڵەوانان بۆ لای داود

١٢ ئەمەش ناوی ئەو پیاوانەیە کە هاتنە لای داود بۆ چیقلەگ، کاتێك کە هێشتا لە ئامادەبوونی لەبەردەم شاولی کوڕی قیش دوورخرابووەوە. ئەوانە لەو پاڵەوانانە بوون کە لە جەنگدا یارمەتیدەری بوون. ٢ لە خزم و کەسوکارە نزیکەکانی شاول و لە هۆزی بنیامین بوون، ئەوان دەیانتوانی بە دەستە ڕاست و دەستە چەپیشیان تیر بە کەوان بهاوێژن و بەردیش بە قۆچەقانی:
٣ ئەمانە بە سەرکردایەتی ئەحیعەزەری هاتن لەگەڵ یۆئاشی برای، هەردوو کوڕەکەی شەماعای گڤعاتی بوون. هەردوو کوڕەکەی عەزماڤەت، یەزیێل و پالەت، بەراخا و یێهوی عەناتۆتی، ٤ یەشمەعیای گبعۆنی پاڵەوانێك بوو لەنێو سی پاڵەوانەکە و فەرماندەیان بوو. هەروەها یەرمیا و یەحەزیێل و یۆحانان و یۆزاڤادی گەدێراتی و ٥ ئەلعوزەی و یەریمۆت و بەعەلیاهو و شەمەریاهو و شەفەتیای حەروفی؛ ٦ ئەلقانە و ییشیا و عەزەرئێل و یۆعەزەر و یاشۆڤعام لە بنەماڵەی قۆرەحییەکان؛

[٧]هەروەها یۆعێلە و زەڤەدیا کە هەردوو کوڕی یەرۆحامی خەڵکی گەدۆر بوون.

[٨]کاتێك داود لەو قەڵایە بوو کە لە چۆڵەوانی بوو، هەندێك لە گادییەکان هاتنە پاڵ داود کە پاڵەوانی ئازا و پیاوی مەشقپێکراو بۆ جەنگ و شارەزا لە بەکارهێنانی قەڵغان و ڕم، ڕوویان وەك ڕووی شێر و وەك ئاسك لەسەر چیادا خێرا بوون.

[٩]عێزەر فەرماندە بوو،
عۆبەدیا دووەم و ئەلیاب سێیەم و
[١٠]میشمەنا چوارەم و یەرمیا پێنجەم و
[١١]عەتەی شەشەم و ئەلیێل حەوتەم و
[١٢]یۆحانان هەشتەم و ئەلزاڤاد نۆیەم و
[١٣]یەرمیا دەیەم و مەخبەنەی یازدەیەم بوو.

[١٤]ئەمانە لە نەوەی گاد بوون و هەموویان سەرکردەی سوپا بوون، بچووکەکەیان بەسەر سەد کەسدا زاڵ دەبوو، گەورەکەشیان بەسەر هەزار کەسدا زاڵ دەبوو. [١٥]ئەمان بوون لە مانگی یەك لە ڕووباری ئوردون پەڕینەوە، کاتێك ئاو هەتا هەموو کەنارەکانی هەڵچوو بوو، هەموو خەڵکی دۆڵەکانیان بەزاند، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

[١٦]هەروەها هەندێك لە نەوەی بنیامین و یەهوداش بۆ لای داود هاتنە قەڵاکە. [١٧]داود بۆ پێشوازییان چوو و پێی گوتن: «ئەگەر بۆ ئاشتی و یارمەتیدان هاتوونەتە لام، یەك دڵم دەبێت لەگەڵتان، بەڵام ئەگەر بۆ بەدەستەوەدانم بۆ دوژمنەکەم هاتوون لە کاتێکدا کە هیچ ستەمێکم نەکردووە، با خودای باوباپیرانمان تەماشا بکات و دادوەری بکات.»

[١٨]ئینجا ڕۆحی خودا ڕژایە سەر عەماسەیی سەرۆکی سییەکە و گوتی:

«بۆ تۆین داود،
لەگەڵتداین کوڕەکەی یەسا،
ئاشتی، ئاشتیت بۆ ببێت،
ئاشتی بۆ یارمەتیدەرانت بێت،
چونکە خودات یارمەتیدەرتە.»

ئینجا داود وەریگرتن و کردنییە سەرکردەی یەکەکانی سوپا.

[١٩]کاتێك کە داود لەگەڵ فەلەستییەکاندا لە دژی شاول بۆ جەنگ چوو، هەندێك لە پیاوانی نەوەی مەنەشەش چوونە پاڵی. بەڵام داود و پیاوەکانی یارمەتی فەلەستییەکانیان نەدا، چونکە حوکمڕانە فەلەستییەکان پاش ڕاوێژکردن، گەڕاندیانەوە و گوتیان: «بە کەللەسەری ئێمەوە دەگەڕێتەوە پاڵ شاولی گەورەی.» [٢٠]ئەمە ناوی هەندێك لەو پیاوانەی نەوەی مەنەشەیە کە کاتێك داود چوو بۆ چیقلەگ، چوونە پاڵی: عەدنەح و یۆزاڤاد و یەدیعێل و میکائیل و یۆزاڤاد و ئەلیهو و چیلەتەی، هەموو ئەمانەش فەرماندەی یەکەی هەزارانی مەنەشە بوون. [٢١]ئەوان یارمەتی داودیان دا لە دژی چەتەکان، چونکە هەموویان پاڵەوانی ئازا بوون و فەرماندەی سوپا بوون. [٢٢]هەروەها ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پیاوان بۆ یارمەتیدانی داود دەهاتن، هەتا بوونە سوپایەکی گەورە، وەك سوپای خودا.

## هاتنەپاڵی پیاوانی دیکە بۆ لای داود

[٢٣]ئەمەش ژمارەی ئەو پیاوە چەکدارانەیە کە هاتنە حەبرۆن بۆ لای داود، بۆ ئەوەی بەپێی فەرموودەی یەزدان پاشایەتییەکەی شاولی ڕادەست بکەن:

[٢٤]لە نەوەی یەهودا، شەش هەزار و هەشت سەد پیاوی چەکدار بە ڕم و قەڵغان.

[٢٥]لە نەوەی شیمۆن، حەوت هەزار و سەد پاڵەوانی ئازای ئامادەباش بۆ جەنگ.

[٢٦]لە نەوەی لێڤی چوار هەزار و شەش سەد پیاو، [٢٧]لەوانە سێ هەزار و حەوت سەد پیاو لەگەڵ یەهۆیاداعی سەرۆکی بنەماڵەی هارونییەکان بوون. [٢٨]سادۆقیش لاوێکی پاڵەوانی ئازا بوو، لەگەڵ بیست و دوو ئەفسەر کە لە بنەماڵەی ئەو بوون.

[٢٩]لە نەوەی بنیامینیش، لە خزم و کەسوکاری شاول، سێ هەزار کە زۆربەیان هەتا ئەو کاتەش دڵسۆز بوون لەگەڵ ماڵی شاول.

٣٠لە نەوەی ئەفرایم، بیست هەزار و هەشت سەد
پاڵەوانی ئازا و ناوداری بنەماڵەکانیان.
٣١لە نیوەی هۆزی مەنەشەش، هەژدە هەزار پیاو
کە بە ناو دیاری کرابوون هەتا بێن و داود
بکەنە پاشا.
٣٢لە نەوەی یەساخار، دوو سەد سەرکردە کە
شارەزای بارودۆخی ڕۆژگار بوون، دەیانزانی
ئیسرائیل دەبێت چی بکات، هەروەها هەموو
خزم و کەسەکانیشیان لەژێر فەرمانی ئەواندا
بوون.
٣٣لە زەبولونیش، پەنجا هەزار پیاوی مەشقپێکراو
هەبوون لەسەر شەڕ و هەموو جۆرە چەکێکی
جەنگ، کە بەبێ دوو دڵی ئامادە بوون بۆ
یارمەتیدانی داود.
٣٤لە نەفتالی، هەزار سەرکردە و سی و حەوت
هەزار پیاوی چەکدار بە قەڵغان و ڕمیان
لەگەڵ بوو.
٣٥لە دانیش، بیست و هەشت هەزار و شەش سەد
پیاوی ئامادەباش بۆ جەنگ.
٣٦لە ئاشێریش، چل هەزار ڕاهێنراو لەسەر شەڕ و
ئامادەکراو بۆ جەنگ.
٣٧لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردونیشەوە، لە
ڕەئوبێن و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەشە،
سەد و بیست هەزار پیاوی پڕچەککراو بە
هەموو جۆرە چەکێکی جەنگ.
٣٨هەموو ئەمانە جەنگاوەری خۆبەخش بوون لە
ڕیزی لەشکرەکانی و بە هەموو دڵیانەوە هاتبوونە
حەبرۆن هەتا داود بکەنە پاشای هەموو ئیسرائیل،
هەروەها هەموو پاشماوەی ئیسرائیلیش یەك
بڕیار بوون بۆ ئەوەی داود بکەنە پاشا. ٣٩لەوێ بۆ
ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ داود مانەوە، دەیانخوارد و
دەیانخواردەوە لە هەموو ئەوەی کەسوکارەکانیان
بۆیان ئامادە کردبوون، ٤٠هەروەها نزیکەکانیشیان
لە یەساخار و زەبولون و نەفتالییەوە، بە گوێدرێژ و
وشتر و هێستر و مانگا نانیان دەهێنا. خواردنێکی
زۆریان هەبوو لە ئارد و نانە هەنجیر و هێشووی
کشمیش و شەراب و زەیت و مانگا و مەڕ، چونکە
لەناو ئیسرائیل خۆشی هەبوو.

## گەڕاندنەوەی سندوقی پەیمان

١٣ داود ڕاوێژی لەگەڵ هەموو ئەفسەرەکانی
کرد، فەرماندەی هەزاران و سەدان، ٢ئینجا
بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلی گوت: «ئەگەر پێتان
باشە و بەپێی خواستی یەزدانی پەروەردگارمانە، با
بەدوای هەموو هاونیشتیمانەکانماندا بنێرین لە
هەموو لایەکی خاکی ئیسرائیل، هەروەها لەدوای
ئەو کاهین و لێڤییانەی کە لە شارۆچکەکان و
دەشتەکان لەگەڵیان دەژین، هەتا لەگەڵمان
کۆببنەوە. ٣با سندوقی خودامان بهێنینەوە لای
خۆمان، چونکە بە درێژایی پاشایەتی شاول لێمان
نەپرسیوەتەوە.» ٤هەموو کۆمەڵەکەش گوتیان ئاوا
دەکەین، چونکە لەلای هەموو گەل پەسەند بوو.
٥ئیتر داود هەموو ئیسرائیلی لە ڕووباری شیحۆری
میسرەوە هەتا دەروازەی حەمات کۆکردەوە، هەتا
سندوقی خودا لە قیریەت یەعاریمەوە بهێنن. ٦ئینجا
داود و هەموو ئیسرائیل چوونە بەعلەی یەهودا
کە قیریەت یەعاریمە، بۆ ئەوەی لەوێوە سندوقی
خودای پەروەردگار بهێننەوە، ئەوەی لەنێوان
کەڕوبەکان[a] لەسەر تەخت دانیشتووە، ئەو سندوقە
کە ناوی لێنراوە «ناوەکە».
٧لە ماڵی ئەبینادابەوە سندوقی خودایان
لە عەرەبانەیەکی نوێ بارکرد، عوزا و ئەحیۆ
عەرەبانەکەیان لێدەخوڕی. ٨داود و هەموو
ئیسرائیلیش بە هەموو توانایانەوە لەبەردەم خودا
ئاهەنگیان دەگێڕا، بە سروود و قیسارە و ساز و دەف
و سەنج و کەڕەناوە.

---

[a] ٦ لەنێوان کەڕوبەکان: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ١٨:٢٥ و عیبرانییەکان ٥:٩.

٩کاتێك گەیشتنە سەر جۆخینەکەی[a] کیدۆن، عوزا دەستی بۆ سندوقەکە درێژکرد و گرتی، چونکە گایەکان سەرسمیان دا. ١٠ئەو ساتە تووڕەیی یەزدان بەسەر عوزادا جۆشا و لێیدا، لەبەر ئەوەی دەستی بۆ سندوقەکە درێژکرد و هەر لەوێدا لەبەردەم خودا مرد.

١١داودیش تووڕە بوو، چونکە یەزدان بە تەواوی عوزای لەناوبرد، ئەو شوێنەش هەتا ئەمڕۆ بە پێرێز عوزا[b] ناودەبردرێت.

١٢ئەو ڕۆژە داود لە خودا ترسا و گوتی: «چۆن سندوقی خودا بۆ لای خۆم بهێنم؟» ١٣لەبەر ئەوە داود سندوقەکەی نەگواستەوە بۆ لای خۆی بۆ شاری داود، بەڵکو بردییە ماڵی عوبێد ئەدۆمی گەتی. ١٤سێ مانگ سندوقی خودا لە ماڵی عوبێد ئەدۆم مایەوە، یەزدانیش ماڵی عوبێد ئەدۆم و هەموو ئەو شتانەی کە هی ئەو بوون بەرەکەتداری کردن.

## کۆشك و خێزانی داود

١٤ پاشان حیرامی پاشای سور چەند نێردراوێکی بۆ لای داود نارد لەگەڵ داری ئۆرز و نەقاڕ و دارتاش بۆ ئەوەی کۆشکێکی بۆ دروستبکەن. ٢ئینجا داود زانی کە یەزدان وەك پاشای ئیسرائیل جێگیری کردووە، پاشایەتییەکەشی لە پێناوی ئیسرائیلی گەلەکەیدا زۆر پایەدار کردووە.

٣هەروەها داود چەند ژنێکی دیکەی لە ئۆرشەلیم هێنا، ئینجا کوڕ و کچی دیکەی داود لەدایك بوون. ٤ئەمەش ناوی ئەو منداڵانەیەتی کە لە ئۆرشەلیم لەدایك بوون: شەموع، شۆڤاڤ، ناتان، سلێمان، ٥ئیڤحار، ئەلیشوع، ئەلپەلەت، ٦نۆگە، نەفەگ، یافیع، ٧ئەلیشاماع، بەعەلیاداع و ئەلیفەلەت.

## بەزاندنی فەلەستییەکان

٨کاتێك فەلەستییەکان بیستیانەوە کە داود بە پاشای هەموو ئیسرائیل دەستنیشانکراوە، هەموو فەلەستییەکان بۆ گەڕان بەدوای داود سەرکەوتن. بەڵام کاتێك داود ئەمەی بیستەوە دابەزی بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. ٩ئەو کاتە فەلەستییەکان هاتبوون و دەستیان کردبوو بە تاڵانکردنی دۆڵی ڕفایم. ١٠داودیش پرسیاری لە خودا کرد و گوتی: «ئایا بچم بۆ پەلاماردانی فەلەستییەکان؟ ئایا دەیاندەیتە دەستم؟»

یەزدانیش بە داودی فەرموو: «بڕۆ، دەیاندەمە دەستت.»

١١ئینجا داود و پیاوەکانی چوونە بەعلپراچیم[c] و لەوێ دوژمنەکانی بەزاند، گوتی: «خودا بە دەستی من دڕی بە دوژمنەکانم دا وەك دڕپێدادانی ئاو.» لەبەر ئەوە ئەو شوێنە بە بەعلپراچیم ناو برا. ١٢هەروەها لەوێدا بتەکانیان بەجێهێشت و داود فەرمانی دا و سووتێنران.

١٣دووبارە فەلەستییەکان هاتنەوە و دەستیان کردەوە بە تاڵانکردن لە دۆڵەکە، ١٤داودیش پرسیاری لە خودا کرد، خوداش پێی فەرموو: «بەدوایاندا مەڕۆ، بەڵکو بسووڕێوە بۆ پشتیان و بەرامبەر بە دار بەلسەمەکان پەلاماریان بدە. ١٥کاتێك لەسەر دار بەلسەمەکانەوە گوێت لە دەنگی پێ بوو، لەو کاتەدا وەرە دەرەوە بۆ جەنگ، چونکە خودا بۆ لێدانی ئۆردوگای فەلەستییەکان لەپێشتەوە ڕۆیشتووە.» ١٦داودیش بەو جۆرەی کرد کە خودا فەرمانی پێ کرد و لە گبعۆنەوە هەتا گەزەر لە سوپای فەلەستییەکانیان دا.

١٧بەو شێوەیە ناوبانگی داود بەناو هەموو خاکەکاندا بڵاو بووەوە و یەزدانیش ترسی ئەوی خستە ناو دڵی هەموو نەتەوەکانەوە.

[a] ٩ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[b] ١١ واتە هەڵکوتانە سەر عوزا.

[c] ١١ بەعلپراچیم: لە عیبری بە واتای ئەو خوداوەندەی دڕپێدەدات.

## هێنانی سندوقی پەیمان بۆ ئۆرشەلیم

١٥ داود چەند تەلارێکی بۆ خۆی لە شاری
داود دروستکرد و شوێنێکی بۆ سندوقی
خودا ئامادە کرد و چادرێکی بۆی هەڵدا. [٢]ئینجا داود
گوتی: «کەس بۆی نییە سندوقی خودا هەڵبگرێت،
تەنها لێڤییەکان نەبێت، چونکە یەزدان ئەوانی
هەڵبژاردووە بۆ هەڵگرتنی سندوقی یەزدان و
خزمەتکردنی هەتاهەتایە.»
[٣]داود هەموو ئیسرائیلی لە ئۆرشەلیم کۆکردەوە
بۆ هێنانی سندوقی یەزدان بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی
ئامادە کردبوو. [٤]هەروەها داود نەوەی هارون و
لێڤییەکانی کۆکردەوە.
[٥]لە نەوەی قەهات،
ئوریێلی سەرکردە و سەد و بیست کەس لە
خزم و نزیکەکانی.
[٦]لە نەوەی مەراری،
عەسایای سەرکردە و دوو سەد و بیست کەس
لە خزم و نزیکەکانی.
[٧]لە نەوەی گێرشۆن،
یۆئێلی سەرکردە و سەد و سی کەس لە خزم و
نزیکەکانی.
[٨]لە نەوەی ئەلیچافان،
شەمەعیای سەرکردە و دوو سەد کەس لە خزم
و نزیکەکانی.
[٩]لە نەوەی حەبرۆن،
ئەلیێلی سەرکردە و هەشتا کەس لە خزم و
نزیکەکانی.
[١٠]لە نەوەی عوزیێل،
عەمینادابی سەرکردە و سەد و دوازدە کەس لە
خزم و نزیکەکانی.
[١١]ئینجا داود بانگی سادۆق و ئەبیاتاری کرد کە
هەردووکیان کاهین بوون، هەروەها بانگی ئوریێل و
عەسایا و یۆئێل و شەمەعیا و ئەلیێل و عەمینادابی
کرد کە لە لێڤییەکان بوون. [١٢]پێی گوتن: «ئێوە
گەورەی بنەماڵەکانی لێڤین، خۆتان و براکانتان
تەرخان بکەن و سندوقی یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل بۆ ئەو شوێنە بهێنن کە بۆم ئامادە کردووە،
[١٣]چونکە یەکەم جار ئێوەی لێڤی ئەوتان هەڵنەگرت،
ئیتر یەزدانی پەروەردگارمان دڕی پێداین، لەبەر
ئەوەی پرسمان بە خودا نەکرد کە چۆن ئەو کارە
بکەین.» [١٤]ئینجا کاهین و لێڤییەکان خۆیان تەرخان
کرد بۆ هێنانی سندوقی یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل. [١٥]نەوەی لێڤییەکان هەروەك چۆن موسا
بەپێی فەرمایشتی یەزدان فەرمانی دابوو ئاوا
سندوقی خودایان بە دوو دارەکەی لەسەر شانیان
هەڵگرت.
[١٦]داود بە سەرکردە لێڤییەکانی گوت کە برا
گۆرانیبێژەکانیان بە ئامێرەکانی مۆسیقاوە دابنێن، بە
ساز و قیسارە و سەنجەوە، هەتا بە خۆشییەوە و بە
دەنگی بەرز گۆرانی بڵێن.
[١٧]لێڤییەکانیش ئەمانەیان دانا: هێیمانی کوڕی
یۆئێل و لە براکانیشی ئاسافی کوڕی بەرەخیا و
لە نەوەی مەراریش لە براکانیان، ئێیتانی کوڕی
قوشایاهو، [١٨]لەگەڵیشیان خزم و کەسە پلە
دووەکانیان: زەکەریا، یەعزیێل، شەمیرامۆت،
یەحیێل، عونی، ئەلیاب، بەنایا، مەعسێیاهو، مەتیسیا،
ئەلیفەلێهو و میقنێیاهو و هەردوو دەرگاوانەکان،
عوبێد ئەدۆم و یەعیێل.
[١٩]مۆسقاژەنەکانیش، هێیمان و ئاساف و ئێیتان
سەنجی بڕۆنزیان لێدەدا. [٢٠]زەکەریا و عەزیێل
و شەمیرامۆت و یەحیێل و عونی و ئەلیاب و
مەعسێیاهو و بەنایا سازیان بە شێوەی عەلامۆت[a]
دەژەند. [٢١]مەتیسیا و ئەلیفەلێهو و میقنێیاهو و
عوبێد ئەدۆم و یەعیێل و عەزەزیاهو قیسارەیان
بۆ ڕابەرایەتیکردن بە شێوەی شەمینیت[b] دەژەند.
[٢٢]کەنەنیاهوی بەهۆی شارەزاییە باشەکەی لە
مۆسیقا، ڕابەرایەتی ژەنیارە لێڤییەکانی دەکرد.
[٢٣]بەرەخیا و ئەلقانەش دەرگاوانی سندوقی
پەیمانەکە بوون. [٢٤]کاهینەکانیش شەڤەنیا و

[a] ٢٠ جۆرە ئاوازێکە، واتە بە دەنگی کیژۆڵەکان. بڕوانە زەبوورەکان ٤٦.
[b] ٢١ دەشێت زاراوەیەکی مۆسیقی بێت. بڕوانە زەبوورەکان ٦.

یۆشافات و نەتەنێل و عەماسەی و زەکەریا و بەنایا و ئەلیعەزەر لەبەردەم سندوقی خودا فوویان بە کەڕەنادا دەکرد و عوبێد ئەدۆم و یەحیاش دەرگاوانی سندوقی پەیمانەکە بوون.

٢٥داود و پیرانی ئیسرائیل و فەرماندەی یەکەکانی هەزاران بە خۆشییەوە چوون بۆ هێنانی سندوقی پەیمانی یەزدان لە ماڵی عوبێد ئەدۆمەوە. ٢٦کاتێك خودا یارمەتی لێڤییەکانی هەڵگرانی سندوقی پەیمانی یەزدانی دا، حەوت گا و حەوت بەرانیان وەك قوربانی سەربڕی. ٢٧داود و هەموو لێڤییەکانی کە سندوقی پەیمانیان هەڵدەگرت، مۆسیقاژەنەکان و کەنەنیاهوی ڕابەری مۆسیقای تیپی گۆرانیبێژەکان، هەمووان کەوای کەتانی ناسکیان لەبەردا بوو، هەروەها داود ئێفۆدێکی کەتانی لەبەردا بوو. ٢٨هەموو ئیسرائیل بە هاواری خۆشی و بە لێدانی کەڕەنا و کەڕەنای قۆچە بەران و سەنج، هەروەها بە ژەنینی ساز و قیسارە، سندوقی پەیمانی یەزدانیان هێنا.

٢٩کاتێك سندوقی پەیمانی یەزدان هاتە ناو شاری داود، میخەلی کچی شاول لە پەنجەرەکەوە سەیری خوارەوەی کرد و بینی داودی پاشا سەما دەکات و هەڵدەبەزێتەوە، لە دڵی خۆیدا بە سووکی زانی.

## خزمەتکردن لەبەردەم سندوقی یەزدان

١٦ ئیتر سندوقی خودایان هێنایە ژوورەوە بۆ ناوەڕاستی ئەو چادرەی کە داود بۆی دامەزراندبوو، هەروەها قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشییان[a] لەبەردەم خودا سەرخست. ٢پاش ئەوەی داود لە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشی بووەوە، بە ناوی یەزدانەوە داوای بەرەکەتی بۆ گەل کرد. ٣بەسەر هەموو ئیسرائیلدا لە ژن و لە پیاو، کولێرەیەك و نانە خورمایەك و نانە کشمیشێکی دابەش کرد.

٤چەند خزمەتکارێکیشی لە لێڤییەکان لەبەردەم سندوقی یەزدان بۆ یادکردنەوە و سوپاسکردن و ستایشکردنی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دانا: ٥ئاساف ڕابەرایەتی دەکرد و زەکەریاش لەدوای ئەو بە پلەی دووەم دەهات، پاشان یەعیێل، شەمیراموت، یەحیێل، مەتیسیا، ئەلیاب، بەنایا، عوبێد ئەدۆم و یەعیێل دەهاتن. ئەمانە ئامێرەکانی ساز و قیسارەیان دەژەند، ئاسافیش سەنجی لێدەدا، ٦بەنایا و یەحەزیێلی کاهینیش بە بەردەوامی کەڕەنایان دەژەند لەبەردەم سندوقی پەیمانی خودا.

٧ئینجا لەو ڕۆژەدا یەکەم جار داود ئەم زەبوورەی دایە دەست ئاساف و هاوکارەکانی، کە بۆ ستایشکردنی یەزدانە:

٨ستایشی یەزدان بکەن و بە ناوی ئەوەوە نوێژ بکەن،
کردارەکانی بە گەلان بناسێنن.
٩گۆرانی بۆ بڵێن، ستایشی بکەن،
هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕابگەیەنن،
١٠شانازی بە ناوی پیرۆزیەوە بکەن،
با دڵی ئەوانە خۆش بێت کە ڕوو لە یەزدان دەکەن.
١١پشت بە یەزدان و هێزەکەی ببەستن،
بەردەوام ڕووتان لەو بکەن.

١٢باسی ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانە بکەن کە کردوونی،
پەرجوو[b] و حوکمەکانی دەمی.
١٣ئەی نەوەی ئیسرائیلی بەندەی ئەو،
ئەی کوڕانی یاقوب، هەڵبژاردەکانی.
١٤ئەو یەزدانی پەروەردگارمانە،
حوکمەکانیشی لە سەراپای زەوییە.

١٥بۆ هەتاهەتایە پەیمانەکەی لە یادە،
ئەو بەڵێنەی دەیدات بۆ هەزار پشتە،

[a] ١ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:١١-١٥.

[b] ١٢ پەرجوو: موعجیزە.

١٦ ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی،
ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی خوارد،
١٧ وەك فەرز بۆ یاقوب چەسپاندی،
وەك پەیمانێکی هەمیشەیی بۆ ئیسرائیل.
١٨ فەرموویەتی: «خاکی کەنعان دەدەمە تۆ،
بەشە میراتی خۆتانە.»

١٩ ئەو کاتەی ژمارەیان کەم بوو،
کەم و نامۆ بوون لەو خاکە،
٢٠ لە نەتەوەیەکەوە دەچوونە نەتەوەیەکی دیکە،
لە پاشایەتییەکەوە بۆ گەلێکی دیکە.
٢١ لێ نەگەڕا کەس ستەمیان لێ بکات،
بەڵکو لەبەر ئەوان پاشایانی سەرزەنشت کرد:
٢٢ «دەست لە دەستنیشانکراوەکانم مەدەن،
خراپە لەگەڵ پێغەمبەرەکانم مەکەن.»

٢٣ ئەی هەموو زەوی، گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن،
ڕۆژ بە ڕۆژ مژدەی ڕزگاریی ئەو ڕابگەیەنن.
٢٤ لەنێو نەتەوەکان شکۆمەندی ئەو ڕابگەیەنن،
لەنێو هەموو گەلان کارە سەرسوڕهێنەرەکانی.

٢٥ چونکە یەزدان مەزنە و شایانی ستایشی زۆرە،
سامناکە بەسەر هەموو خوداوەندەکانەوە.
٢٦ چونکە هەموو خوداوەندەکانی گەلان بتن،
بەڵام یەزدان ئاسمانی دروستکردووە.
٢٧ شکۆ و سەربەرزی لەبەردەمیدان،
هێز و شادمانی لە نشینگەکەیدان.

٢٨ ئەی هەموو خێڵەکانی گەلان، ستایشی یەزدان بکەن،
ستایشی شکۆ و هێزی یەزدان بکەن.
٢٩ ستایشی ناوی شکۆداری یەزدان بکەن،
دیاری بهێنن و وەرنە بەردەمی،
کڕنۆش بۆ یەزدان ببەن چونکە شکۆدار و پیرۆزە.
٣٠ ئەی هەموو خەڵکی زەوی لەبەردەمی بلەرزن،
جیهان چەسپاوە و هەرگیز نالەقێت.

٣١ با ئاسمان شادبێت و زەوی دڵخۆش بێت،
لەنێو نەتەوەکاندا بڵێن: «یەزدان پاشایەتی دەکات!»
٣٢ با دەریا و هەرچی تێدایە بخرۆشێن،
با کێڵگە و هەرچی تێدایە شاگەشکە بن.
٣٣ ئینجا هەموو درەختەکانی دارستان لەبەردەم یەزدان گۆرانی دەڵێن،
چونکە دێت بۆ ئەوەی دادوەری زەوی بکات.

٣٤ ستایشی یەزدان بکەن لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٣٥ بڵێن: «ئەی خودای ڕزگارکەرمان، ڕزگارمان بکە،
لەنێو نەتەوەکان کۆمان بکەرەوە و فریامان بکەوە،
بۆ ئەوەی ستایشی ناوی پیرۆزی تۆ بکەین و
شانازی بە ستایشکردنی تۆوە بکەین.»
٣٦ ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل،
لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە.

ئینجا هەموو گەل گوتیان «ئامین!» و «ستایشی یەزدان بکەن.»

٣٧ داود لەوێدا لەبەردەم سندوقی پەیمانی یەزدان، ئاساف و هاوکارەکانی بەجێهێشت هەتا بە بەردەوامی لەبەردەم سندوقەکە خزمەت بکەن، هەر خزمەتێك لە ڕۆژی خۆیدا. ٣٨ هەروەها عوبێد ئەدۆم و هاوکارەکانیشی کە شەست و هەشت کەس بوون، بۆ یارمەتیدانی ئەوان، بەجێی هێشتن. عوبێد ئەدۆمی کوڕی یەدوتون و حۆسا هەردووکیان دەرگاوان بوون.

٣٩ داود سادۆقی کاهین و برا کاهینەکانیشی لەبەردەم چادری پەرستنی یەزدان، ئەوەی لەسەر بەرزاییەکەی گبعۆن بوو، بەجێی هێشتن، ٤٠ هەتا بە بەردەوامی قوربانی سووتاندن لەسەر قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن پێشکەش بکەن، بەیانییان و ئێواران بەپێی هەموو ئەوەی لە تەوراتی یەزداندا نووسراوە، ئەوەی فەرمانی بە ئیسرائیل کرد. ٤١ لەگەڵ ئەوانیش، هێیمان و یەدوتون و پاشماوەی هەڵبژێردراوەکان ئەوانەی ناویان هات هەتا

سوپاسی یەزدان بکەن، چونکە «خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.» [٤٢]لەگەڵ ئەوانیش هێیمان و یەدوتون بەرپرسی ژەنینی کەڕەنا و سەنج و ئامێرە مۆسیقییەکانی دیکە بوون لە کاتی گۆرانی و ستایشەکانیان بۆ خودا. کوڕەکانی یەدوتونیش دەرگاوان بوون.

[٤٣]پاشان هەموو گەل هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆی بەڕێکەوت و داودیش گەڕایەوە هەتا داوای بەرەکەت بۆ ماڵەکەی خۆی بکات.

## بەڵێنی خودا بۆ داود

١٧ پاش ئەوەی داود لە کۆشکەکەی نیشتەجێ بوو، داود بە ناتانی پێغەمبەری گوت: «من لێرە لە کۆشکێکی دروستکراو بە داری ئورز نیشتەجێم و سندوقی پەیمانی یەزدانیش لەژێر چادردایە.»

[٢]ناتانیش بە داودی گوت: «هەموو ئەوەی لە دڵتدایە بیکە، چونکە خودا لەگەڵتدایە.»

[٣]بەڵام هەر لەو شەوە فەرمایشتی خودا بۆ ناتان هات:

[٤]«برۆ بە داودی بەندەم بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەو کەسە تۆ نیت کە ماڵێك بۆ نیشتەجێبوونم بنیاد دەنێت، [٥]لەو ڕۆژەوەی کە ئیسرائیلم لە میسر دەرهێناوە هەتا ئەمڕۆ لە ماڵدا نیشتەجێ نەبووم، بەڵکو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە چووم، هەر لەنێو چادری پەرستندا بووم. [٦]لە هەموو هاتوچۆکردنەکانم لەگەڵ هەموو ئیسرائیل، ئایا هیچ قسەیەکم کرد لەگەڵ یەکێك لە ڕابەرەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی فەرمانم پێکردن بۆ ئەوەی شوانایەتی گەلەکەم بکەن، ’بۆچی ماڵێکتان لە داری ئورز بۆ دروستنەکردووم؟‘“

[٧]«ئێستاش ئاوا بە داودی بەندەم دەڵێیت: ”یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: من تۆم لە شوانایەتی مەڕەوە برد و تۆم کردە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلەکەی خۆم. [٨]لەگەڵتدا بووم بۆ هەر شوێنێك چوویت و هەموو دوژمنەکانی تۆم لەبەردەمت بڕیوەتەوە. ئێستا ناوێکت بۆ دروستدەکەم وەك ناوی گەورەکان کە لەسەر زەوین. [٩]شوێنێکیش بۆ ئیسرائیلی گەلەکەم دیاری دەکەم و دەیچێنم و لە جێی خۆی نیشتەجێی دەکەم، ئیتر وەك پێشوو بێزار ناکرێن و خەڵکانی ناڕەوا نایانچەوسێننەوە، [١٠]وەك ئەو سەردەمانەی ڕابەرم لەسەر ئیسرائیلی گەلەکەم دادەنا. منیش تۆ لە دەستی هەموو دوژمنەکانت دەحەوێنمەوە.

«”یەزدان پێت ڕادەگەیەنێت کە یەزدان خۆی ماڵت بۆ دروستدەکات. [١١]کاتێك ژیانت تەواو دەبێت و دەچیتە پاڵ باوباپیرانت، من وەچەکەت دادەمەزرێنم، ئەوەی لەدوای خۆت لە کوڕەکانت دەبێت، پاشایەتییەکەی جێگیر دەکەم. [١٢]ئەو ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێت و منیش بۆ هەتاهەتایە تەختەکەی جێگیر دەکەم. [١٣]من دەبمە باوکی ئەو و ئەویش دەبێتە کوڕی من. خۆشەویستییە نەگۆڕەکەم بۆ ئەو داناماڵرێت، هەروەك چۆن دامماڵی لەوەی لەپێش تۆ بوو. [١٤]بۆ هەتاهەتایەش لە ماڵەکەم و لەناو پاشایەتییەکەمدا دایدەنێم، هەتاهەتایە تەختەکەی جێگیر دەبێت.“»

[١٥]ئینجا ناتان بەپێی وشەکانی ئەم سروشە قسەی لەگەڵ داود کرد.

## نوێژی داود

[١٦]ئەوسا داودی پاشا چوو و لەبەردەم یەزدان دانیشت و گوتی:

«یەزدانی پەروەردگار، من کێم و بنەماڵەکەی من کێیە کە تۆ بەم پایەیەت گەیاندووم؟ [١٧]ئەی خودایە، تۆ هێشتا ئەمەت بە کەم زانی، هەر لەبەر ئەوە هاتیت بۆ ئەوەی سەبارەت بە ئایندەی ماڵی ئەم

بەندەیەت بەڵێنی گەورەتر بدەیت. ئەی یەزدانی پەروەردگار، بە کەسێکی پایەبەرز داتنام و تەماشات کردم.

[١٨]«ئیتر داود چی زیاتر بە تۆ بڵێت کە بەندەکەتت پایەدار کردووە؟ چونکە تۆ بەندەکەی خۆت دەناسیت. [١٩]ئەی یەزدان، تۆ لە پێناوی بەندەکەت و بە خواستی دڵی خۆت ئەم کارە گەورەت کردووە، بۆ ئەوەی ئەم هەموو بەڵێنە گەورانە بزانرێن.

[٢٠]«ئەی یەزدان، کوا هاوتای تۆ؟ بێجگە لە تۆ خودایەك نییە لە هەموو ئەوەی بە گوێی خۆمان گوێمان لێبووە. [٢١]هەروەها کێ وەك ئیسرائیلی گەلەکەی تۆیە؟ ئەم گەلە تاکە نەتەوەیەکە لە زەویدا کە خودا هات بۆ ئەوەی گەلێك بۆ خۆی بکڕێتەوە، بۆ ئەوەی ناوێك بۆ خۆی دابنێت و کاری مەزن و سامناك بکات، بە دەرکردنی نەتەوەکان لەبەردەم گەلەکەت، ئەوەی لە میسر بۆ خۆت کڕیتەوە. [٢٢]ئەی یەزدان، تۆ گەلی ئیسرائیلت بۆ هەتاهەتایە کردە گەلی خۆت و تۆش بوویتە خودایان.

[٢٣]«ئەی یەزدان، ئێستاش ئەو بەڵێنەی سەبارەت بە بەندەکەت و بە ماڵەکەی فەرمووت، با بۆ هەتاهەتایە بچەسپێت، هەروەك فەرمووت ئاوا بکە، [٢٤]بیچەسپێنە، تاوەکو بۆ هەتاهەتایە ناوت مەزن بێت و بگوترێت: "یەزدانی سوپاسالاری خودای ئیسرائیل، خودای ئیسرائیلە!" با ماڵی داودی بەندەشت لەبەردەمتدا جێگیر بێت.

[٢٥]«ئەی خودای من، بۆ بەندەکەی خۆتت ئاشکرا کرد کە ماڵێکی بۆ بنیاد دەنێیت، لەبەر ئەمە بەندەکەت ئازایەتی لە خۆیدا بینی لەبەردەمتدا نزا بکات. [٢٦]ئەی یەزدان، تۆ خودایت، بەڵێنی ئەم چاکەیەت بە بەندەکەت داوە. [٢٧]ئێستاش ڕەزامەندی بفەرموو بۆ ئەوەی ماڵی بەندەکەت بەرەکەتدار بکەیت، تاوەکو بۆ هەتاهەتایە لەبەردەمت بێت، ئەی یەزدان، چونکە تۆ بەرەکەتدارت کردووە و بۆ هەتاهەتایە بەرەکەتدار دەبێت.»

## سەرکەوتنەکانی داود

١٨ ئەوە بوو پاش ئەمە داود فەلەستییەکانی بەزاند و زەلیلی کردن، گەت و شارۆچکەکانی لە فەلەستییەکان سەند.

[٢]هەروەها داود مۆئابییەکانیشی بەزاند. مۆئابییەکان هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود و سەرانەیان بۆ دەهێنا.

[٣]هەروەها داود هەدەدعەزەری پاشای چۆڤای لە نزیکی حەمات بەزاند، کاتێك چوو بۆ ئەوەی تاشەبەردێك بۆ یادەوەری لە کەناری ڕووباری فورات بنەخشێنێت. [٤]داود هەزار گالیسکە و حەوت هەزار گالیسکەسوار و بیست هەزار پیادەی بە دیل گرت، ئینجا داود جومگە پێی ئەسپی گالیسکەکانیانی بڕییەوە و تەنها سەد ئەسپی گالیسکەی هێشتەوە.

[٥]کاتێك ئارامییەکانی دیمەشق بۆ یارمەتیدانی هەدەدعەزەری پاشای چۆڤا هاتن، داود بیست و دوو هەزار پیاوی لە ئارامییەکان کوشت. [٦]ئیتر داود لە شانشینی ئارامییەکانی دیمەشق سەربازگەی دانا، ئارامییەکانیش هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود و سەرانەیان بۆ دەهێنا. داودیش ڕووی لە هەرکوێ دەکرد، یەزدان سەرکەوتووی دەکرد.

[٧]پاشان داود قەڵغانە زێڕینەکانی ئەفسەرەکانی هەدەدعەزەری برد و هێنایە ئۆرشەلیم. [٨]هەروەها داود بڕۆنزێکی زۆریشی لە تەڤەح و کوون برد کە شارۆچکەی هەدەدعەزەر بوون، بەوە بوو کە سلێمان حەوزە بڕۆنزییەکە[a] و کۆڵەکەکان و قاپوقاچاغە بڕۆنزییەکانی دروستکرد.

[٩]کاتێك تۆعوی پاشای حەمات بیستی کە داود هەموو سوپاکەی هەدەدعەزەری پاشای چۆڤای بەزاندووە، [١٠]هەدۆرامی کوڕی نارد بۆ لای داودی پاشا بۆ ئەوەی لە سەلامەتی بپرسێت و پیرۆزبایی

[a] ٨ کۆگای ئاو بووە، هەروەها پێی گوتراوە دەریا، بڕوانە دەرچوون ٣٠:١٧-٢١.

لێ بکات کە لەگەڵ هەدەدعەزەر جەنگاوە و بەزاندوویەتی، چونکە هەدەدعەزەر لە جەنگدا بوو لە دژی تۆعو. هەدۆرامیش لەگەڵ دەستی خۆیدا هەموو جۆرە کەلوپەلێکی زێڕ و زیو و بڕۆنزی هێنابوو.

[١١]داودی پاشا ئەم کەلوپەلانەی بۆ یەزدان تەرخان کرد، هەروەك ئەو زێڕ و زیوەی تەرخان کرد کە لە هەموو ئەم نەتەوانە بردبووی: ئەدۆم، مۆئاب، عەمۆن، فەلەستی و عەمالێقییەکان.

[١٢]ئەبیشەیی کوڕی چەروویاش لە دۆڵی خوێ[a] هەژدە هەزاری لە ئەدۆمییەکان کوشت. [١٣]لە خاکی ئەدۆم سەربازگەی دانا و هەموو ئەدۆمییەکان هاتنە ژێر دەسەڵاتی داود، داود ڕووی لە هەرکوێ دەکرد، یەزدان سەرکەوتووی دەکرد.

## کاربەدەستەکانی داود

[١٤]داود پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد، دادوەری و ڕاستودروستی بۆ هەموو گەلەکەی پەیڕەو کرد. [١٥]یۆئابی کوڕی چەروویاش سوپاسالار بوو؛ یەهۆشافاتی کوڕی ئەحیلودیش تۆمارکار بوو؛ [١٦]سادۆقی کوڕی ئەحیتوڤ و ئەحیمەلەخی کوڕی ئەبیاتار کاهین بوون؛ شەڤشا خامەی نهێنی[b] بوو؛ [١٧]بەنایای کوڕی یەهۆیاداع فەرماندەی کریتی و پەلەتییەکان[c] بوو؛ کوڕەکانی داودیش دەستە ڕاستی پاشا بوون.

## بەزاندنی عەمۆنییەکان

١٩ دوای ماوەیەك ناحاشی پاشای عەمۆنییەکان مرد و کوڕەکەی لەدوای ئەو بوو بە پاشا. [٢]داود گوتی: «لەگەڵ حانوونی کوڕی ناحاش دڵسۆز دەبم، چونکە باوکی لەگەڵم دڵسۆز بوو.» لەبەر ئەوە داود شاندێکی نارد بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لە حانوون بکەن سەبارەت بە باوکی.

کاتێك شاندەکەی داود هاتنە لای حانوون لە خاکی عەمۆنییەکان بۆ ئەوەی سەرەخۆشی لێ بکەن، [٣]میرەکانی عەمۆنییەکان بە حانوونیان گوت: «تۆ لەو باوەڕەدایت کە داود لەبەر ڕێزگرتن لە باوکت شاندی ناردووە بۆ ئەوەی سەرەخۆشیت لێ بکات؟ ئایا خزمەتکارەکانی بۆ پشکنین و سەرەوژێرکردن و سیخوڕیکردن بەسەر خاکەکەوە نەهاتوون بۆ لات؟» [٤]ئیتر حانوون پیاوەکانی داودی گرت و ڕیشی تاشین، جلەکانیشیان لە نیوەوە هەتا پاشەڵیانی دادڕی و بەڕەڵای کردن.

[٥]کاتێك هەندێك کەس چوون و سەبارەت بەو پیاوانە بە داودیان ڕاگەیاند، ئەویش چەند کەسێکی نارد بۆ پێشوازییان، چونکە پیاوەکان زۆر شەرمیان دەکرد، پاشاش گوتی: «هەتا ڕیشتان دێتەوە لە ئەریحا بمێننەوە، ئینجا بگەڕێنەوە.»

[٦]کاتێك عەمۆنییەکان بینییان لەلایەن داودەوە قێزەون بوون، حانوون و عەمۆنییەکان هەزار تالنت[d] زیویان نارد هەتا لە ئارامییەکانی دوو ڕووبار[e] و لە ئارامییەکانی مەعکا و لە چۆڤا گالیسکە و گالیسکەسوار بەکرێ بگرن. [٧]جا سی و دوو هەزار گالیسکە و گالیسکەسواریان بەکرێ گرت، هەروەها پاشای مەعکا لەگەڵ سوپاکەی هات و لە بەرامبەر مێدەبا دامەزران، عەمۆنییەکانیش لە شارۆچکەکانیانەوە کۆبوونەوە و هاتن بۆ جەنگ.

[٨]کاتێك داود ئەمەی بیستەوە یۆئاب و هەموو سوپا شەڕکەرەکانی نارد. [٩]عەمۆنییەکان هاتنە دەرەوە و لە دەمی دەروازەی شارەکەیان بۆ جەنگ ڕیزیان بەست، بەڵام ئەو پاشایانەی کە هاتبوون بە جیا لە دەشتودەر بوون.

[١٠]کاتێك یۆئاب بینی کە بەرەکانی جەنگ لەپێشی و لەپاشییەوەن، لە باشترین جەنگاوەرانی ئیسرائیل

[a] ١٢ دۆڵی خوێ: دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو. بڕوانە زەبوورەکان ٦٠.

[b] ١٦ ڕازپۆش.

[c] ١٧ کریتییەکان و پەلەتییەکان دوو لەشکری ڕاهێنراو بوون لەسەر مەشقی سەربازی.

[d] ٦ هەزار تالنت: نزیکەی ٣٤ تەن.

[e] ٦ واتە دانیشتووانی میسۆپۆتامیا یان وڵاتی نێوان دجلە و فورات.

چەند هێزێکی هەڵبژارد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی کردن. [11]ئەو پیاوانەی کە مانەوە دایە دەست ئەبیشەیی برای و ئەویش بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەمۆنییەکان ڕیزی کردن. [12]یۆئاب گوتی: «ئەگەر ئارامییەکان لە من بەهێزتر بوون، ئەوا تۆ بەهانامەوە دێیت؛ بەڵام ئەگەر عەمۆنییەکان لە تۆ بەهێزتر بوون، ئەوا من بەهاناتەوە دێم. [13]ئازابە و با بەهێز بین لە پێناوی گەلەکەمان و لە پێناوی شارەکانی خوداکەمان، یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات.»

[14]ئینجا یۆئاب و ئەو لەشکرەی لەگەڵی بوون بۆ جەنگ لە دژی ئارامییەکان چوونە پێشەوە، ئەوانیش لەبەردەمیدا هەڵاتن. [15]کاتێک عەمۆنییەکان بینییان ئارامییەکان هەڵدەهاتن، ئەوانیش لەبەردەم ئەبیشەی هەڵاتن و چوونە ناو شارەکە. ئیتر یۆئاب گەڕایەوە ئۆرشەلیم.

[16]کاتێک ئارامییەکان بینییان لە بەرامبەر ئیسرائیل تێکشکاون، چەند نێردراوێکیان نارد و ئارامییەکانی ئەوبەری ڕووباری فوراتیان هێنا و شوفەخی سەرکردەی سوپاکەی هەدەدعەزەریش لەپێشیانەوە بوو.

[17]کاتێک بە داود ڕاگەیەنرا، ئەویش هەموو ئیسرائیلی کۆکردەوە و لە ڕووباری ئوردونەوە پەڕییەوە و بۆیان هات و ڕیزی لێیان بەست، داود بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئارامییەکان ڕیزی بەست بۆ جەنگ و ئەوانیش لە دژی جەنگان. [18]بەڵام ئارامییەکان لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵاتن، داودیش حەوت هەزار گالیسکەسوار و چل هەزار پیادەی لە ئارامییەکان کوشت، هەروەها شوفەخی سەرکردەی سوپاکەشی کوشت.

[19]کاتێک ژێردەستەکانی هەدەدعەزەر بینییان کە ئەوان لە بەرامبەر ئیسرائیل تێکشکاون، لەگەڵ داود ئاشت بوونەوە و بوونە ژێردەستەی ئیسرائیل.

ئیتر ئارامییەکان نەیانوێرا بەهانای عەمۆنییەکانەوە بچن.

## گرتنی شاری ڕەبە

٢٠ لە بەهاری ساڵ، لە کاتی ڕۆیشتنی پاشاکان بۆ جەنگ، یۆئاب ڕابەرایەتی هێزە چەکدارەکانی دەکرد. خاکی عەمۆنییەکانی وێران کرد و چوو بۆ ڕەبە و گەمارۆی دا، بەڵام داود لە ئۆرشەلیم مایەوە، جا یۆئاب لە ڕەبەی دا و وێرانی کرد. [2]داود تاجی سەری پاشاکەی ئەوانی برد، دەرکەوت کێشەکەی نزیکەی تالنتێک[a] زێڕ بوو، بەردی گرانبەهاشی تێدابوو، ئینجا لەسەر سەری داود دانرا. دەستکەوتێکی زۆریشی لە شارەکە دەرهێنا، [3]ئەو گەلەشی کە تێیدا بوو هێنایە دەرەوە و بێگاری پێکردن بە ئیشکردن بە مشار و پاچی ئاسنین و تەوری ئاسنین. داود ئەم کارەی بە هەموو شارۆچکەکانی عەمۆنییەکان کرد. پاشان داود و هەموو سوپا گەڕانەوە ئۆرشەلیم.

## جەنگی فەلەستییەکان

[4]پاش ئەمانە لە گەزەر جەنگ لەگەڵ فەلەستییەکان هەڵگیرسا و لەو کاتەدا سیبەخەیی حوشاتی، سیپەیی کوشت کە یەکێک بوو لە نەوەی ڕفائییەکان، دواجار فەلەستییەکان تێکشکان.

[5]جارێکی دیکەش لەگەڵ فەلەستییەکان جەنگ هەڵگیرسایەوە و ئەلحانانی کوڕی یاعیر، لەحمیی برای گۆلیاتی[b] گەتی کوشت، کە دەسکی ڕمەکەی وەک نۆردی جۆلاکان بوو.

[6]دیسان لە گەت جەنگ هەڵگیرسایەوە، پیاوێکی زەبەلاح هەبوو هەر پەلێکی شەش پەنجەی هەبوو، بیست و چوار پەنجەی هەبوو، ئەویش هەر لە نەوەی ڕافا بوو. [7]کاتێک سووکایەتی بە ئیسرائیل کرد، یۆناتانی کوڕی شیمەعەی برای داود کوشتی.

[8]ئەوانە لە نەوەی ڕافا بوون لە گەت، بە دەستی داود و خزمەتکارەکانی کوژران.

---

[a] ٢ تالنتێک: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام.

[b] ٥ هەرچەندە لە دووەم ساموئێل ١٩:٢١ نووسراوە کە ئەلحانان گۆلیاتی خۆی کوشت، بەڵام دەشێت چەند جەنگاوەرێکی فەلەستی هەبێت کە ناویان گۆلیات بوو.

## سەرژمێری بۆ پێکهێنانی سوپا

**٢١** شەیتان لە دژی ئیسرائیل ڕاوەستا و داودی لێ هاندان بۆ سەرژمێریکردنی ئیسرائیل. [2]داودیش بە یۆئاب و فەرماندەکانی سوپای گوت: «بڕۆن و سەرژمێری ئیسرائیل بکەن، لە بیری شابەعەوە هەتا دان. پاشان وەرنەوە لام بۆ ئەوەی ژمارەیان بزانم.»

[3]بەڵام یۆئاب وەڵامی دایەوە: «با یەزدان جەنگاوەرەکانی سەد ئەوەندە زیاتر بکات. ئەی پاشای گەورەم، ئایا هەموویان خزمەتکاری گەورەم نین؟ ئیتر بۆچی گەورەم داوای ئەمە دەکات؟ بۆچی ئیسرائیل تووشی تاوان بکات؟»

[4]لەگەڵ ئەوەشدا پاشا بڕیارەکەی خۆی بەسەر یۆئابدا سەپاند، ئیتر یۆئاب چووە دەرەوە و بە هەموو ئیسرائیلدا گەڕا، ئینجا هاتەوە ئۆرشەلیم. [5]یۆئاب ئەنجامی سەرژمێرییەکەی دایە داود: لە هەموو ئیسرائیل ملیۆنێك و سەد هەزار پیاوی بە توانا لە بەکارهێنانی شمشێر هەبوون، لە یەهوداش چوار سەد و حەفتا هەزار هەبوون.

[6]بەڵام یۆئاب لێڤی و بنیامینییەکانی لەگەڵیان نەژمارد، چونکە ڕقی لە فەرمانەکەی پاشا دەبووەوە. [7]ئەم فەرمانە لەلای خوداش خراپ بوو، لەبەر ئەوە سزای ئیسرائیلی دا.

[8]داودیش بە خودای گوت: «زۆر گوناهم کرد لەوەی کە کردم، ئێستاش تکایە لە تاوانی بەندەکەت خۆشبە، چونکە ڕەفتارێکی زۆر گێلانەم کرد.»

[9]یەزدانیش لەگەڵ گاد، ئەوەی پەیامی خودای بە داود ڕادەگەیاند، دوا و پێی فەرموو: [10]«بڕۆ بە داود بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من سێ هەڵبژاردە دەخەمە بەردەمت و تۆش یەکێکیان هەڵبژێرە هەتا جێبەجێی بکەم لەسەرت.“»

[11]ئیتر گاد چوو بۆ لای داود و پێی گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بۆ خۆت هەڵبژێرە، [12]سێ ساڵ قاتوقڕی، یان سێ مانگ هەڵاتن لەبەردەم دوژمنەکەت کە بە شمشێر ڕاوت دەنێت، یان سێ ڕۆژ شمشێری یەزدان بە دەرد لە خاکەکە دەدات و فریشتەی یەزدانیش لە هەموو سنوورەکانی ئیسرائیلدا وێرانکاری دەکات.“ ئێستا ببینە چی وەڵامی خودا بدەمەوە کە منی ناردووە.»

[13]داودیش بە گادی گوت: «زۆر لە تەنگانەدام، با بکەومە دەستی یەزدان، چونکە ئەو بەزەیی زۆر زۆرە، بەڵام با نەکەومە ژێر دەستی مرۆڤەوە.»

[14]لەبەر ئەوە یەزدان دەردی خستە ناو ئیسرائیلەوە، ئیتر حەفتا هەزار پیاو لە ئیسرائیل مردن. [15]هەروەها خودا فریشتەیەکی بۆ سەر ئۆرشەلیم نارد بۆ ئەوەی وێرانی بکات، کاتێك وێرانی دەکرد، یەزدان تەماشای کرد و کارەساتەکەی ڕاگرت، بە فریشتە وێرانکەرەکەی فەرموو: «بەسە! ئێستا دەست هەڵبگرە!» فریشتەکەی یەزدان لەو کاتەدا لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی ڕاوەستابوو.

[16]داود سەری هەڵبڕی و بینی فریشتەکەی یەزدان لەنێوان زەوی و ئاسماندا ڕاوەستاوە، شمشێرەکەی بەدەستەوەیە و بەسەر ئۆرشەلیمدا ڕایکێشاوە. داود و ئەو پیرانەی کە جلوبەرگی گوشیان[a] پۆشیبوو بەسەر ڕوویاندا کەوتن.

[17]داود بە خودای گوت: «ئایا من نەبووم کە فەرمانم دا سەرژمێری گەل بکەن؟ منم ئەوەی کە گوناهم کردووە، لە ڕاستیدا من خراپەم کرد، بەڵام ئەم مەڕانە چییان کردووە؟ ئەی یەزدان، خودای من، تکایە با سزاکەت بۆ من و بنەماڵەکەم بێت، نەك ئەم دەردە لەسەر گەلەکەت بەردەوام بێت.»

[18]ئینجا فریشتەکەی یەزدان بە گادی فەرموو، کە بە داود بڵێت، با داود سەربکەوێت و لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی قوربانگایەك بۆ یەزدان دابمەزرێنێت. [19]داودیش بەپێی قسەکەی گاد کە بە ناوی یەزدانەوە گوتی، سەرکەوت.

[20]لە کاتێکدا ئەرەونا گەنمی دەکوتا، ئاوڕی دایەوە و فریشتەکەی بینی، چوار کوڕەکەی ئەرەونا کە لەگەڵیدا بوون خۆیان شاردەوە. [21]پاشان داود بەرەو لای ئەرەونا هات، ئەرەونا چاوی هەڵبڕی بینی کە

---

[a] ١٦ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

داود بەرەو لای ئەو دێت، لە جۆخینەکە چووە دەرەوە، کڕنۆشی بۆ داود برد و سەری خستە سەر زەوی.

[٢٢]داود بە ئەرەوونای گوت: «شوێنی جۆخینەکەم بدەرێ تاکو قوربانگایەك بۆ یەزدان بنیاد بنێم و دەردەکە لە کۆڵ گەل ببێتەوە، بە نرخی تەواوی خۆی بمدەرێ.»

[٢٣]ئەرەوناش بە داودی گوت: «بۆ خۆتی ببە و با پاشای گەورەم چی بە چاك دەزانێت ئەوە بکات. تەماشا بکە. ئەوە گا بۆ قوربانی سووتاندن و جەنجەڕ بۆ دار و گەنمەکەش بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵە. هەمووی دەدەم.»

[٢٤]بەڵام داودی پاشا بە ئەرەوونای گوت: «نەخێر، بەڵکو بە نرخی تەواوی خۆی دەیکڕم، چونکە ئەوەی هی تۆیە نایبەم بۆ یەزدان، قوربانی سووتاندنی بەخۆڕایی سەر ناخەم.»

[٢٥]لەبەر ئەوە داود بەرامبەر بە شوێنەکە شەش سەد شاقل زێڕی دایە ئەرەونا. [٢٦]داود لەوێ قوربانگایەکی بۆ یەزدان بنیاد نا و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی سەرخست. لە یەزدان پاڕایەوە، ئەویش بە ئاگر لە ئاسمانەوە بۆ سەر قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن وەڵامی دایەوە.

[٢٧]پاشان یەزدان فەرمانی بە فریشتەکە کرد و ئەویش شمشێرەکەی گەڕاندەوە ناو کێلانەکەی[a]. [٢٨]لەو کاتەدا کە داود بینی یەزدان لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی وەڵامی دایەوە، لەوێدا قوربانی سەربڕی. [٢٩]لەو کاتەدا چادرەکەی پەرستنی یەزدان کە موسا لە چۆڵەوانیدا دروستی کردبوو، لەگەڵ قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن، لەسەر بەرزاییەکەی گبعۆن بوون. [٣٠]بەڵام داود نەیتوانی بچێتە بەردەمی هەتا پرسیار لە خودا بکات، چونکە لە شمشێرەکەی فریشتەی یەزدان دەترسا.

٢٢ ئینجا داود گوتی: «ئێرە ماڵی یەزدانی پەروەردگارە، هەر ئێرەش قوربانگای قوربانی سووتاندنی ئیسرائیلە.»

[a] ٢٧ کالانەکەی.

## ئامادەکاری بۆ پەرستگاکە

[٢]ئیتر داود فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی ئەو نامۆیانەی لە خاکی ئیسرائیل بوون، هەندێکی لێ کردنە نەقارِ بۆ تاشینی بەردی چوارگۆشەیی بۆ بنیادنانی ماڵی خودا. [٣]داود ئاسنێکی زۆری بۆ بزمار و ئەڵقەڕیزی دەرگاکان ئامادە کرد، بڕۆنزێکی زۆری لەکێش نەهاتووشی ئامادە کرد. [٤]هەروەها داری ئورزیشی ئامادە کرد کە لە ژمارە نەدەهات، چونکە سەیدائییەکان و سورییەکان دار ئورزێکی زۆریان بۆ داود هێنا.

[٥]داود گوتی: «سلێمانی کوڕم منداڵە و پێنەگەیشتووە، ئەم ماڵەش کە بۆ یەزدان بنیاد دەنرێت دەبێت لەبەرچاوی هەموو گەلان زۆر گەورە و بەناوبانگ و شکۆدار بێت، لەبەر ئەوە من ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکەم.» جا داود بەر لە مردنی ئامادەکارییەکی زۆری بۆ کرد.

[٦]پاشان سلێمانی کوڕی بانگکرد و ڕایسپارد کە ماڵێك بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد بنێت. [٧]داود بە سلێمانی گوت: «کوڕی خۆم، من لە دڵمدا بوو ماڵێك بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگارم بنیاد بنێم. [٨]بەڵام فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ”تۆ خوێنێکی زۆرت ڕشتووە و جەنگی گەورەشت کردووە، لەبەر ئەوە ماڵ بۆ ناوەکەم دروستناکەیت، چونکە لەبەردەمم خوێنێکی زۆرت ڕشتووەتە سەر زەوی. [٩]بەڵام کوڕێکت دەبێت، دەبێتە پیاوی ئاشتی و حەسانەوە، لە هەموو دوژمنەکانی دەوروبەری دەیحەسێنمەوە. ناوی سلێمان[b] دەبێت، لە ماوەی پاشایەتی ئەودا ئاشتی و ئارامی بە ئیسرائیل دەبەخشم. [١٠]ئەو ماڵێك بۆ ناوەکەم بنیاد دەنێت، من دەبمە باوکی ئەو و ئەویش دەبێتە کوڕی من، تەختی پاشایەتییەکەشی هەتاهەتایە لەسەر ئیسرائیل جێگیر دەکەم.“

[١١]«کوڕی خۆم، ئێستاش یەزدانت لەگەڵدا بێت و سەرکەوتوو بیت و ماڵەکەی یەزدانی پەروەردگارت

[b] ٩ ناوەکە لە زمانی عیبریدا شەلۆمۆیە کە لە ڕووی دەنگەوە لە وشەی (ئاشتی)ی عیبری نزیکە.

بنیاد بنێیت بەو شێوەیەی سەبارەت بە تۆ فەرمووی. [١٢]کاتێك فەرمانڕەوایەتی ئیسرائیل دەکەیت یەزدان دانایی و تێگەیشتنت بداتێ بۆ ئەوەی فێرکردنەکانی یەزدانی پەروەردگارت پەیڕەو بکەیت. [١٣]ئەگەر ئاگاداربیت لەوەی ئەو فەرز و حوکمانە بەجێبهێنیت کە یەزدان لە ڕێگەی موساوە فەرمانی بە گەلی ئیسرائیل کرد، ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبیت. ئیتر بەهێزبە و ئازابە، مەترسە و ورە بەرمەدە.

[١٤]«من ناخۆشی زۆرم چێژتووە بۆ دابینکردنی ئەمانە بۆ پەرستگای یەزدان، سەد هەزار تالنت[a] زێڕ و ملیۆنێك تالنت[b] زیو، بڕۆنز و ئاسنێکی زۆری لە کێش نەهاتووش، دار و بەردیشم ئامادە کردووە. تۆش دەتوانیت زیاتریان بکەیت. [١٥]کرێکارێکی زۆرت لەلایە، لە نەقاڕ و بەنا و دارتاش و کەسانی شارەزا لە هەموو کار و پیشەیەك [١٦]لەسەر زێڕ و زیو و بڕۆنز و ئاسن، وەستاکان لە ژمارە نایەن. ئیتر هەستە و دەستبەکار بە و یەزدانت لەگەڵ بێت.»

[١٧]پاشان داود فەرمانی بە هەموو سەرکردەکانی ئیسرائیل کرد هاریکاری سلێمانی کوڕی بکەن: [١٨]«ئایا یەزدانی پەروەردگارتان لەگەڵتان نییە؟ ئایا لە هەموو لایەکەوە نەیحەساندوونەتەوە؟ چونکە دانیشتووی خاکەکەی داوەتە دەستم و خاکەکەی ژێردەستەی یەزدان و گەلەکەی کردووە. [١٩]ئێستاش بە هەموو دڵ و گیانتانەوە ڕووتان لە یەزدانی پەروەردگارتان بکەن. هەستن و پیرۆزگای یەزدانی پەروەردگار بنیاد بنێن، بۆ ئەوەی سندوقی پەیمانی یەزدان و قاپوقاچاغی پیرۆزگای خودا بهێنرێتە ناو ئەو پەرستگایەی کە بۆ ناوی یەزدان بنیاد دەنرێت.»

## لێڤییەکان

٢٣ پاش ئەوەی داود پیر بوو و بە ساڵا چوو، سلێمانی کوڕی کرد بە پاشای ئیسرائیل.

[٢]هەموو سەرکردەکانی ئیسرائیل و کاهین و لێڤییەکانی کۆکردەوە و [٣]ئەو لێڤییانەشی تەمەنیان سی ساڵ و بەرەو سەرەوە بوو سەرژمێری کران و کۆی ژمارەیان سی و هەشت هەزار پیاو بوو. [٤]داود گوتی: «بیست و چوار هەزار لەمانە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری پەرستگای یەزدان و شەش هەزاریان کوێخا و دادوەر و [٥]چوار هەزاریان دەرگاوان و چوار هەزاری دیکەشیان بۆ ستایشکردنی یەزدان بەو ئامێرە مۆسیقییانەی کە بۆ ستایشکردن دروستم کردن.»

[٦]ئینجا داود لێڤییەکانی کردە چەند بەشێك، بەپێی کوڕەکانی لێڤی: گێرشۆن و قەهات و مەراری.

## گێرشۆنییەکان

[٧]لە گێرشۆنییەکان:
لەعدان و شیمعی.
[٨]کوڕەکانی لەعدان:
یەحیێلی کوڕە گەورەی بنەماڵەکە، ئینجا زێتام و یۆئێل، سێ کوڕ بوون.
[٩]کوڕەکانی شیمعی:
شەلۆمۆت، حەزیێل و هاران، سێ کوڕ بوون.
ئەمانە گەورەی بنەماڵەکانی لەعدان بوون.
[١٠]کوڕەکانی شیمعیش:
یەحەت و زیزا و یەعوش و بەریعە.
ئەمانە چوار کوڕەکەی شیمعی بوون.
[١١]یەحەت کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو و زیزا دووەم بوو، بەڵام یەعوش و بەریعە کوڕی زۆریان نەبوو، لەبەر ئەوە وەك یەك بنەماڵە هەژمارد کران.

## قەهاتییەکان

[١٢]کوڕەکانی قەهات:
عەمرام، یەسهار، حەبرۆن و عوزیێل، چوار کەس بوون.
[١٣]کوڕەکانی عەمرام:
هارون و موسا.
هارون هەڵبژێردرا، خۆی و نەوەکانی بۆ هەتاهەتایە، بۆ تەرخانکردنی شتی هەرەپیرۆز، بۆ کردنی قوربان لەبەردەم یەزدان و بۆ

[a] ١٤ سەد هەزار تالنت: نزیکەی ٣٤٥٠ تەن.
[b] ١٤ ملیۆن تالنت: نزیکەی ٣٤٥٠٠ تەن.

داوای بەرەکەت کردن بە ناوی ئەوەوە بۆ
هەتاهەتایە. [١٤]هەروەها کوڕەکانی موسای
پیاوی خودا وەك بەشێك لە هۆزی لێڤی
دانران.
[١٥]کوڕەکانی موسا
گێرشۆم و ئەلیعەزەر بوون.
[١٦]نەوەکانی گێرشۆم:
شوڤائێل کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو.
[١٧]نەوەی ئەلیعەزەریش:
ئەلیعەزەر تەنها یەك کوڕی هەبوو ناوی
ڕەحەڤیا بوو،
بەڵام ڕەحەڤیا کوڕی زۆر بوو.
[١٨]کوڕەکانی یەسهار:
شەلۆمیت کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو.
[١٩]کوڕەکانی حەبرۆن:
یەرییاهو کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو، ئەمەریا
دووەم و یەحەزیێل سێیەم و یەقەمەعام
چوارەمیان بوو.
[٢٠]کوڕەکانی عوزیێل:
میخا کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو و ییشیا
دووەمیان بوو.

### مەرارییەکان

[٢١]کوڕەکانی مەراری:
مەحلی و موشی.
کوڕەکانی مەحلی:
ئەلعازار و قیش.
[٢٢]ئەلعازار مرد و کوڕی نەبوو، تەنها کچی
هەبوو، جا کوڕەکانی قیشی برای هێنایانن.
[٢٣]کوڕەکانی موشی:
مەحلی، عێدەر و یەریمۆت، سێ کوڕ بوون.

[٢٤]ئەمانە نەوەی لێڤی بوون بەگوێرەی بنەماڵەکانیان. گەورەی بنەماڵەکان کە بەپێی ناوەکانیان تۆمار کران و یەك بە یەك سەرژمێر کران، لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە کە لە پەرستگای یەزدان خزمەتیان دەکرد، [٢٥]چونکە داود گوتبووی: «لەبەر ئەوەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل گەلەکەی حەساندووەتەوە و بۆ هەتاهەتایە یەزدان لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بووە، [٢٦]ئیتر پێویست ناکات لێڤییەکان چادرەکەی پەرستن یان هیچ یەکێك لەو قاپوقاچاغانەی کە لە خزمەتی چادرەکەی پەرستن بەکاردەهێنرێت هەڵبگرن و بگوازنەوە.» [٢٧]بەپێی دوایین فەرمانی داود، لێڤییەکان لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە سەرژمێری کران.

[٢٨]لێڤییەکان بەردەستی نەوەی هارونیان دەکرد لە خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان: بەرپرس بوون بۆ حەوشە و ژوورە لاتەنیشتەکان، بۆ پاککردنەوەی شتە پیرۆزەکان، بۆ خزمەتکردنی دیکەش لە ماڵی خودا؛ [٢٩]بەرپرسیارییێتیشیان هەبوو بۆ نانی تەرخانکراو و باشترین ئارد بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و ناسکە نانی[a] فەتیرەی و خۆراکی سەر ساج و تێکەڵکردنی هەرچی کە تێکەڵ دەکرێت و بۆ هەموو ئەندازە و پێوانەکردنێك؛ [٣٠]هەروەها بۆ ڕاوەستان هەموو بەیانییەك بۆ سوپاسکردن و ستایشکردنی یەزدان ئێوارانیش بە هەمان شێوە؛ [٣١]هەروەها بۆ هەموو سەرخستنێکی قوربانی سووتاندن لە شەممە و سەرەمانگ و جەژنەکان. پێویست بوو لێڤییەکان بەو ژمارەیە و بەو چەشنەی کە ڕێسایە لەسەریان، بە بەردەوامی لەبەردەم یەزدان خزمەت بکەن.

[٣٢]ئیتر لێڤییەکان لە چادری چاوپێکەوتن و شوێنی پیرۆز پارێزگاریان دەکرد، هەروەها بەردەستی نەوەی هارونیان دەکرد لە خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان.

### دابەشکردنی کاهینەکان بەسەر لقەکاندا

٢٤ ئەمانەش بەشەکانی نەوەی هارون بوون: کوڕەکانی هارون، ناداب و ئەبیهو و ئەلعازار و ئیتامار بوون. [٢]ناداب و ئەبیهو پێش باوکیان مردن و کوڕیان نەبوو، لەبەر ئەوە ئەلعازار و ئیتامار بوون بە کاهین. [٣]بە یارمەتی سادۆق لە نەوەی ئەلعازار و ئەحیمەلەخ لە نەوەی ئیتامار، داود

[a] ٢٩ ناسکە نان: ناوەشکێنە.

نەوەی هارونی بەپێی خشتەی خزمەتکردنەکانیان
دابەش کرد. ٤جا بینییان نەوەی ئەلعازار ژمارەی
ڕابەرەکانیان زیاترە لە نەوەی ئیتامار، لەبەر ئەوە
نەوەی ئەلعازاریان دابەش کرد بە شازدە گەورەی
بنەماڵە و نەوەی ئیتاماریش هەشت بنەماڵە. ٥لەبەر
ئەوەی لە هەردوو نەوەی ئەلعازار و ئیتاماریش
کاربەدەستانی پیرۆزگا و کاربەدەستانی خودا
هەبوون، بێ لایەن تیروپشکیان بۆ کرا و دابەشیان
کردن.

٦شەمەعیای کوڕی نەتەنێل لە نەوەی لێڤییەکان
کە سەرقەڵەم بوو، بە ئامادەبوونی پاشا و
کاربەدەستەکان، سادۆقی کاهین، ئەحیمەلەخی
کوڕی ئەبیاتار و گەورەی بنەماڵەکانی کاهین و
لێڤییەکان، ناوەکانی ئەوانی بەم چەشنە نووسی:
یەک بنەماڵە سەر بە ئیتامار لەدوای یەک سەر بە
ئەلعازار.

٧یەکەم تیروپشک بۆ یەهۆیاریڤ دەرچوو و
دووەم بۆ یەدایا و
٨سێیەم بۆ حاریم و
چوارەم بۆ سەعۆریم و
٩پێنجەم بۆ مەلکیا و
شەشەم بۆ میامین و
١٠حەوتەم بۆ هەقۆچ و
هەشتەم بۆ ئەبیا و
١١نۆیەم بۆ یێشوع و
دەیەم بۆ شەخەنەیا و
١٢یازدەیەم بۆ ئەلیاشیڤ و
دوازدەیەم بۆ یاقیم و
١٣سێزدەیەم بۆ حوپا و
چواردەیەم بۆ یەشەڤەئاڤ و
١٤پازدەیەم بۆ بیلگا و
شازدەیەم بۆ ئیمێر و
١٥حەڤدەیەم بۆ حێزیر و
هەژدەیەم بۆ هەپیچێچ و
١٦نۆزدەیەم بۆ پەتەحیا و
بیستەم بۆ یەحەزقێل و
١٧بیست و یەکەم بۆ یاکین و
بیست و دووەم بۆ گاموول و
١٨بیست و سێیەم بۆ دەلایا و
بیست و چوارەمیش بۆ مەعەزیاهو دەرچوو.

١٩کە هاتنە ناو پەرستگای یەزدان بەپێی ئەم
خشتەیە خزمەتیان دەکرد بەگوێرەی ئەو ڕێسایانەی
کە هارونی باپیرە گەورەیان بۆی دیاری کردن، بەپێی
ئەوەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل فەرمانی پێی
کردبوو.

## پاشماوەی لێڤییەکان

٢٠سەبارەت بەو نەوانەی لێڤی کە ماونەتەوە:
لە نەوەی عەمرام: شوڤائێل؛
لە نەوەی شوڤائێل: یەحدەیاهو.
٢١لە نەوەی ڕەحەڤیا:
یيشیا کوڕە گەورەی بنەماڵەکە بوو.
٢٢لە یەسهارییەکان: شەلۆمۆت؛
لە نەوەی شەلۆمۆت: یەحەت.
٢٣لە نەوەی حەبرۆن: یەریياهوی کوڕە گەورەی
بنەماڵەکە بوو و ئەمەریا دووەم و یەحەزیێل
سێیەم و یەقەمەعام چوارەم.
٢٤لە نەوەی عوزیێل: میخا و
لە نەوەی میخا: شامیر و
٢٥یيشیای برای میخا؛ و
لە نەوەی یيشیا: زەکەریا.
٢٦کوڕەکانی مەراری: مەحلی و موشی.
کوڕەکەی یەعزیا: بەنۆ.
٢٧لە نەوەی مەراری:
لە یەعزیا: بەنۆ، شۆهەم، زەکور و عیڤری.
٢٨لە مەحلی: ئەلعازار و ئەلعازاریش کوڕی نەبوو.
٢٩لە قیش:
یەرەحمێلی کوڕی قیش؛ و
٣٠نەوەی موشی: مەحلی، عێدەر و یەریمۆت.

ئەمانە نەوەی لێڤی بوون بەپێی بنەماڵەکانیان.
٣١هەروەها ئەمانیش وەک براکانیان لە نەوەی هارون

تیروپشکیان کرد، لەبەردەم داودی پاشا و سادۆق و ئەحیمەلەخ و گەورەی بنەماڵەکانی کاهین و لێڤییەکان، جیاوازی نەکرا لەنێوان بنەماڵەکانی برا گەورە و بنەماڵەکانی برا بچووکەکاندا، هەردوو وەك یەك.

## گۆرانیبێژەکان

٢٥ داود و سەرکردەکانی سوپا هەندێك لە کوڕەکانی ئاساف و هێیمان و یەدوتونیان بۆ خزمەتی پێغەمبەرایەتی تەرخان کرد، ئەم خزمەتەشیان بە قیسارە و ساز و سەنج دەکرد. لستی تۆماری پیاوە ژەنیارەکان بەگوێرەی خزمەتەکەیان بەم جۆرە بوو:

٢ لە کوڕەکانی ئاساف:
زەکور، یوسف، نەتەنیاهۆ و ئەسەرئێلا. کوڕەکانی ئاساف لەژێر سەرپەرشتی ئاسافدا بوون کە لەبەردەستی پاشادا پێشبینی دەکرد.
٣ لە یەدوتون، کوڕەکانی یەدوتون:
گەدەلیاهو، چەری، یەشەعیا، شیمعی، حەشەڤیا و مەتیسیا، شەش کەس لەژێر سەرپەرشتی یەدوتونی باوکیاندا بوون، کە بە قیسارە پێشبینی دەکرد بۆ سوپاس و ستایشکردنی یەزدان.
٤ لە هێیمان، کوڕەکانی هێیمان:
بوقیاهو، مەتەنیا، عوزیێل، شوڤائێل، یەریمۆت، حەنەنیا، حەنانی، ئەلیاتا، گیدەلتی، ڕۆمەمتی عەزەر، یۆشبەقاشا، مەلۆتی، هۆتیر و مەحەزیۆت. ٥هەموو ئەمانە کوڕەکانی هێیمان بوون کە پێشبینیکەری پاشا بوو، خوداش بەپێی ئەو بەڵێنانەی کە فەرمووبووی، ئەو شانازییەی بە هێیمان بەخشی کە چواردە کوڕ و سێ کچی پێدا.

٦هەموو ئەمانە لەژێر دەستی باوکیاندا بوون بۆ گۆرانی گوتن بۆ پەرستگای خودا بە سەنج و ساز و قیسارەش، بۆ خزمەتکردنی ماڵی خودا. ئاساف، یەدوتون و هێیمان لەژێر دەستی پاشادا بوون. ٧ژمارەی ئەمان و خزمەکانیان، کە فێری مۆسیقاژەندن بوون و شارەزا بوون لە مۆسیقاژەندن بۆ یەزدان، دوو سەد و هەشتا و هەشت کەس بوون. ٨جا تیروپشکیان کرد بۆ کار و ئەرکەکانیان، بچووك و گەورە وەك یەك، هەروەها قوتابی و مامۆستا وەك یەك.

٩ تیروپشکی یەکەم کە هی ئاساف بوو، بۆ یوسف دەرچوو، خۆی و کوڕەکانی و براکانی؛
دووەم بۆ گەدەلیاهو، خۆی و براکانی و کوڕەکانی کە دوازدە بوون؛
١٠ سێیەم بۆ زەکور، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١١ چوارەم بۆ یەچری، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٢ پێنجەم بۆ نەتەنیاهۆ، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٣ شەشەم بۆ بوقیاهو، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٤ حەوتەم بۆ یەسەرێلا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٥ هەشتەم بۆ یەشەعیا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٦ نۆیەم بۆ مەتەنیا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٧ دەیەم بۆ شیمعی، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٨ یازدەیەم بۆ عەزەرئێل، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
١٩ دوازدەیەم بۆ حەشەڤیا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
٢٠ سێزدەیەم بۆ شوڤائێل، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
٢١ چواردەیەم بۆ مەتیسیا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛

[٢٢]پازدەیەم بۆ یەریمۆت، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٣]شازدەیەم بۆ حەنەنیا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٤]حەڤدەیەم بۆ یۆشبەقاشا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٥]هەژدەیەم بۆ حەنانی، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٦]نۆزدەیەم بۆ مەلۆتی، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٧]بیستەم بۆ ئەلییاتا، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٨]بیست و یەکەم بۆ هۆتیر، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٢٩]بیست و دووەم بۆ گیدەلتی، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٣٠]بیست و سێیەم بۆ مەحەزیۆت، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون؛
[٣١]بیست و چوارەمیش بۆ ڕۆمەمتی عەزەر، کوڕەکانی و براکانی کە دوازدە بوون.

## دەرگاوانەکان

٢٦ بەشی دەرگاوانەکان بریتی بوون لە بنەماڵەی قۆرەح:

لە قۆرەحییەکان: مەشەلەمیای کوڕی قۆرێ لە نەوەی ئاساف.
[٢]مەشەلەمیا چەند کوڕێکی هەبوو:
زەکەریا نۆبەرە و
یەدیعێل دووەم و
زەڤەدیا سێیەم و
یەسنیێل چوارەم و
[٣]ئیلام پێنجەم و
یەهۆحانان شەشەم و
ئەلیهۆعێینەی حەوتەم.
[٤]عوبێد ئەدۆمیش چەند کوڕێکی هەبوو،
شەمەعیا نۆبەرە و
یەهۆزاڤاد دووەم و
یۆئاح سێیەم و
ساکار چوارەم و
نەتەنێل پێنجەم و
[٥]عەمیێل شەشەم و
یەساخار حەوتەم و
پەعولەتەی هەشتەم،
چونکە خودا عوبێد ئەدۆمی بەرەکەتدار کردبوو.

[٦]شەمەعیای کوڕی عوبێد ئەدۆمیش چەند کوڕی بوون، کە ڕابەری بنەماڵەکەیان بوون، چونکە ئەوان پیاوی زۆر بە توانا بوون. [٧]کوڕەکانی شەمەعیا: عۆسنی، ڕفائێل، عوبێد و ئەلزاڤاد؛ هەروەها ئەلیهو و سەمەکیاهوی خزمانی شەمەعیا لە پیاوانی بەهێز بوون. [٨]هەموو ئەمانە نەوەی عوبێد ئەدۆم بوون؛ خۆیان و کوڕەکانیان و کەسەکانیان پیاوانی بەهێز و بە توانا بوون لە خزمەتەکەیان، شەست و دوو کەس لە نەوەی عوبێد ئەدۆم بوون.
[٩]مەشەلەمیا و کوڕ و کەسەکانی کە لە پیاوە بەهێزەکان بوون، هەژدە کەس بوون.

[١٠]حۆسا کە لە نەوەی مەراری بوو، چەند کوڕێکی هەبوو: شیمری لەگەڵ ئەوەی نۆبەرەش نەبوو، بەڵام باوکی کردی بە پێشەنگی کوڕەکانی؛ [١١]حیلقیا دووەم بوو و تەڤەلیاهو سێیەم و زەکەریا چوارەم. هەموو کوڕ و کەسەکانی حۆسا سێزدە کەس بوون.
[١٢]ئەم بەشی دەرگاوانانەش لەژێر سەرپەرشتی ڕابەرەکانیان ئەرکی خزمەتکردنیان لە پەرستگای یەزدان پێ سپێردرا، هەروەك كەسەكانیان. [١٣]جا تیروپشك بۆ هەموو دەروازەکان کرا، بۆ پیران وەك گەنجان بەگوێرەی بنەماڵەکانیان بەبێ جیاوازی.
[١٤]تیروپشکی دەروازەی ڕۆژهەڵات بۆ شەلەمیاهو دەرچوو، بۆ زەکەریای کوڕیشی کە ڕاوێژکارێکی وریا بوو، تیروپشك کرا و دەروازەی باکووری بۆ دەرچوو.

[15]تیروپشکی دەروازەی باشوور بۆ عوبێد ئەدۆم دەرچوو، تیروپشکی کۆگاکەش بۆ کوڕەکانی. [16]بۆ تیروپشکی دەروازەی ڕۆژئاوا و دەروازەی شەلەخەت لەسەر ئەو ڕێگایەی کە بەرەو ژوور دەبووەوە، بۆ شوپیم و حۆسا دەرچوو.

پاسەوان بەرامبەر بە پاسەوان بوو: [17]ڕۆژانە شەش لە لێڤییەکان لەلای ڕۆژهەڵات و چوار لەلای باکوور و چوار لەلای باشوور بوون، لەلای کۆگاکەش دوو دوو پاسەوانییێتییان دەکرد. [18]بۆ ڕێڕەوە سەر داپۆشراوکەی لای ڕۆژئاوا کە هەردوو لای بە کۆڵەکە گیرابوو، چوار لێڤی لەسەر ڕێگاکە و دووانیش لەناو ڕێڕەوەکە بوون.

[19]ئەمانە بەشی دەرگاوانەکان بوون، لە نەوەی قۆرەحییەکان و لە نەوەی مەراری.

## لێپرسراوانی گەنجینەکان و کاربەدەستانی دیکە

[20]لێڤییەکانیش لێپرسراوانی گەنجینەکانی ماڵی خودا و گەنجینەکانی شتە تەرخانکراوەکان بوون.

[21]یەحیێلی و کوڕەکانی گەورەی بنەماڵەکانی لەعدانی گێرشۆنی بوون. [22]هەروەها یەحیێلی و کوڕەکانی، زێتام و یۆئێلی برای، لێپرسراوی گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان بوون.

[23]لەگەڵ ئەمانیش هەریەك لە بنەماڵەی عەمرامی، یەسهاری، حەبرۆنی و عوزیێلییەکان ئەرك و بەرپرسیارییێتی پێ سپێردرا:

[24]شوئائێلی نەوەی گێرشۆمی کوڕی موسا لێپرسراوی گەنجینەکان بوو. [25]کەسەکانی لە نەوەی ئەلیعەزەر: ڕەحەڤیا کوڕی ئەلیعەزەر، یەشەعیا کوڕی ڕەحەڤیا، یۆرامی کوڕی یەشەعیا، زکری کوڕی یۆرام و شەلۆمیتی کوڕی زکری. [26]شەلۆمیت لەگەڵ کەسەکانی لێپرسراوی هەموو گەنجینەکانی شتە تەرخانکراوەکان بوون کە داودی پاشا و گەورەی بنەماڵەکان، فەرماندەی هەزاران و سەدان و سەرکردەکانی سوپا تەرخانیان کردبوون. [27]ئەوان بەشێك لە دەستکەوتەکانی جەنگیان بۆ چاککردنەوەی پەرستگای یەزدان، تەرخان کرد. [28]هەروەها هەموو ئەو شتانەی ساموئێلی پێشبینیکەر و شاولی کوڕی قیش و ئەبنێری کوڕی نێر و یۆئابی کوڕی چەرویا تەرخانیان کردبوون، لەگەڵ هەموو شتە تەرخانکراوەکانی دیکە، شەلۆمیت و کەسەکانی لێی بەرپرس بوون.

[29]لە یەسهارییەکانیش: کەنەنیاهو و کوڕەکانی بۆ کارەکانی دەرەوەی پەرستگاکە، کوێخا و دادوەر بوون بەسەر ئیسرائیلەوە.

[30]لە حەبرۆنییەکان: حەشەڤیا و کەسەکانی کە لە بەتواناکان بوون، هەزار و حەوت سەد کەس سەرپەرشتیاری ئیسرائیل بوون لەوبەری ڕووباری ئوردون بەلای ڕۆژئاوادا لە هەموو کارەکانی یەزدان و خزمەتەکانی پاشادا. [31]لە حەبرۆنییەکانیش، یەرییاهو گەورەی بنەماڵەی حەبرۆنییەکان بوو بەپێی ڕەچەڵەکنامەیان. لە چلەمین ساڵی پاشایەتی داود لێکۆڵینەوەیەك لە تۆمارەکانی کرا و بینییان پیاوانی بە توانا لەنێو حەبرۆنییەکانی دانیشتووانی یەعزێر لە ناوچەی گلعاد هەبوون. [32]داودی پاشا دوو هەزار و حەوت سەد کەس لە برا و کەسەکانی یەرییاهو کە لە پیاوە بەهێزەکان و گەورەی بنەماڵەکان بوون، کردنی بە لێپرسراوی ڕەئوبێنییەکان و گادییەکان و نیوەی هۆزی مەنەشە لە هەموو کاروبارەکانی خودا و پاشا.

## لەشکرەکان

٢٧ ئەمە لستی پلەدارەکانی نەوەی ئیسرائیلە، کە گەورەی بنەماڵەکان و فەرماندەی هەزاران و سەدان بوون، لەگەڵ ئەفسەرەکانیان کە لە هەموو کاروباری لەشکرەکانیان خزمەتی پاشایان دەکرد. ئەمانە بە نۆبە دەهاتنە سەربازی و دەڕۆیشتنەوە، بە درێژایی ساڵ، مانگ بە مانگ، هەر

لەشکرێکیش بریتی بوو لە بیست و چوار هەزار
پیاو.
٢ یاشۆڤەعامی کوڕی زەبدیێل سەرلەشکری لەشکری
یەك بوو بۆ مانگی یەك، لەشکرەکەی لە بیست
و چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو، ٣ لە نەوەی
پێرێز بوو، فەرماندەی هەموو ئەفسەرەکانی
لەشکری مانگی یەك[a] بوو.
٤ دۆدایی ئەحۆحیش سەرلەشکری لەشکری مانگی
دوو بوو، لە لەشکرەکەی ئەودا میقلۆت
سەرکردە بوو، لە بیست و چوار هەزار پیاو
پێکهاتبوو.
٥ بەنایای کوڕی یەهۆیاداعی کاهین سەرلەشکری
لەشکری مانگی سێ بوو، لەشکرەکەشی لە
بیست و چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو. ٦ ئەمە
ئەو بەنایایە کە پاڵەوان بوو لەنێو سییەکە
و سەرکردەیان بوو، عەمیزاڤادی کوڕیشی
فەرماندەی ئەفسەرەکانی ناو لەشکرەکەی
بوو.
٧ عەساهێلی برای یۆئاب سەرلەشکری لەشکری
مانگی چوار بوو، لەشکرەکەی لە بیست و
چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو، پاشان زەڤەدیای
کوڕی جێگەی گرتەوە.
٨ شەمهوتی یزراحی سەرلەشکری لەشکری مانگی
پێنج بوو، لەشکرەکەشی لە بیست و چوار
هەزار پێکهاتبوو.
٩ عیرای کوڕی عیقێشی تەقۆعی سەرلەشکری
لەشکری مانگی شەش بوو، لەشکرەکەشی لە
بیست و چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو.
١٠ حەلەچی پەلۆنی لە نەوەی ئەفرایم سەرلەشکری
لەشکری مانگی حەوت بوو، لەشکرەکەشی لە
بیست و چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو.
١١ سیبەخەیی حوشاتی لە خێڵی زەرەحییەکان
سەرلەشکری لەشکری مانگی هەشت بوو،
لەشکرەکەشی لە بیست و چوار هەزار پیاو
پێکهاتبوو.
١٢ ئەڤیعەزەری عەناتۆتی لە نەوەی بنیامین
سەرلەشکری لەشکری مانگی نۆ بوو،
لەشکرەکەشی لە بیست و چوار هەزار پیاو
پێکهاتبوو.
١٣ مەهەرەیی نەتۆفاتی لە خێڵی زەرەحییەکان
سەرلەشکری لەشکری مانگی دە بوو،
لەشکرەکەشی لە بیست و چوار هەزار پیاو
پێکهاتبوو.
١٤ بەنایای پیرعاتۆنی لە نەوەی ئەفرایم سەرلەشکری
لەشکری مانگی یازدە بوو، لەشکرەکەشی لە
بیست و چوار هەزار پیاو پێکهاتبوو.
١٥ حەلدەیی نەتۆفاتی لە نەوەی عۆسنیێل
سەرلەشکری لەشکری مانگی دوازدە بوو،
لەشکرەکەشی لە بیست و چوار هەزار پیاو
پێکهاتبوو.

## سەرۆکی هۆزەکان

١٦ ئەمانە سەرۆك هۆزەکانی ئیسرائیل بوون:

بۆ هۆزی ڕەئوبێنییەکان: ئەلیعەزەری کوڕی زکری؛
بۆ شیمۆنییەکان: شەفەتیای کوڕی مەعکا؛
١٧ بۆ لێڤییەکان: حەشەڤیای کوڕی قەموئێل؛
بۆ هارون: سادۆق؛
١٨ بۆ یەهودا: ئەلیهو کە یەکێك لە براکانی داود بوو؛
بۆ یەساخار: عۆمری کوڕی میکائیل؛
١٩ بۆ زەبولون: یەشمەعیای کوڕی عۆبەدیا؛
بۆ نەفتالی: یەریمۆتی کوڕی عەزرییێل؛
٢٠ بۆ نەوەی ئەفرایم: هۆشێیەعی کوڕی عەزەزیاهو؛
بۆ نیوەی هۆزی مەنەشە: یۆئێلی کوڕی پەدایا؛
٢١ بۆ نیوەکەی دیکەی هۆزی مەنەشە لە گلعاد:
یدۆی کوڕی زەکەریا؛
بۆ بنیامین: یەعسیێلی کوڕی ئەبنێر؛
٢٢ بۆ دان: عەزەرئێلی کوڕی یەرۆحام.
ئەمانە سەرۆکی هۆزەکانی ئیسرائیل بوون.

[a] ٣ سەربازەکانی لەشکر بۆ ماوەی یەك مانگ لە ساڵێك لە ئەرکدا بوون و دوای ئەوە دەگەڕانەوە سەر کاری ئاسایی خۆیان.

[٢٣]داودیش ژمارەی ئەوانەی وەرنەگرت کە گەنجی بیست ساڵ و کەمتر بوون، چونکە یەزدان بەڵێنی دابوو کە ئیسرائیل وەك ئەستێرەکانی ئاسمان زۆر دەکات. [٢٤]یۆئابی کوڕی چەرویاش دەستی بە سەرژمێرییەکە کرد، بەڵام تەواوی نەکرد، چونکە ئەم سەرژمێرییە تووڕەیی خودای هێنایە سەر ئیسرائیل، هەروەها ئاماری سەرژمێرییەکەش لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی داود پاشادا تۆمار نەکرا.

## لێپرساوانی ماڵومولکەکانی پاشا

[٢٥]عەزماڤەتی کوڕی عەدیێل لێپرساوی گەنجینەکانی پاشا بوو.

یۆناتانی کوڕی عوزیا لێپرساوی ئەو عەمبارانە بوو کە لە کێڵگە و شارۆچکە و گوند و لەناو قوللەکانی چاودێری بوون.

[٢٦]عەزری کوڕی کەلووڤیش لێپرساوی وەرزێرەکانی کێڵگە بوو، ئەوانەی زەوییان دەکێڵا.

[٢٧]شیمعی ڕاماتی لێپرساوی ڕەزەمێوەکان بوو.

زەبدی شیفەمی لێپرساوی بەروبوومەکانی ڕەز بوو بۆ ئەمبارەکانی شەراب.

[٢٨]بەعل‌حانانی گەدەری لێپرساوی دار زەیتوون و دار هەنجیرەکانی کە لە زوورگەکانی[a] یەهودا بوو.

یۆعاشی بەرپرسیاری ئەمبارەکانی زەیت بوو.

[٢٩]شیترەیی شارۆنی لێپرساوی ئەو مانگایانە بوو کە لە دەشتاییەکانی شارۆندا دەلەوەڕان.

شافاتی کوڕی عەدلای لێپرساوی مانگاکانی ناو دۆڵەکان بوو.

[٣٠]ئۆبیلی ئیسماعیلی لێپرساوی وشترەکان بوو.

یەحدەیاهوی مێرۆنۆتی لێپرساوی گوێدرێژەکان بوو.

[٣١]یازیزی هاجەری لێپرساوی مەڕەکان بوو.

هەموو ئەمانە لێپرساوی ماڵومولکەکانی داودی پاشا بوون.

[٣٢]یۆناتانی مامی داودیش ڕاوێژکار بوو، پیاوێکی تێگەیشتوو و سەرقەڵەم بوو، یەحیێلی کوڕی حەکمۆنیش چاودێری کوڕەکانی پاشا بوو.

[٣٣]ئەحیتۆفەل ڕاوێژکاری پاشا بوو.

حوشەی ئەرکیش هاوڕێی پاشا بوو. [٣٤]لەپاش ئەحیتۆفەلیش یەهۆیاداعی کوڕی بەنایا بوو بە ڕاوێژکار، دوای ئەمیش ئەبیاتار جێگەی گرتەوە.

یۆئابیش سەرکردەی سوپاکەی پاشا بوو.

## نەخشەی داود بۆ پەرستگا

٢٨ داود هەموو ڕابەرانی ئیسرائیلی لە ئۆرشەلیم کۆکردەوە: سەرۆك هۆزەکان؛ سەرلەشکری ئەو لەشکرانەی کە لە خزمەتی پاشا بوون، لەگەڵ فەرماندەی هەزاران و سەدان؛ ئەو کاربەدەستانەی کە لێپرساوی ماڵومولك و ئاژەڵەکانی پاشا و کوڕەکانی بوون، لەگەڵ کاربەدەستانی کۆشکی پاشا؛ پاڵەوانەکان و هەموو جەنگاوەرە دلێر و ئازاکان.

[٢]داودی پاشا هەستایە سەر پێ و گوتی: «گوێم لێ بگرن ئەی گەلی برام، من لە دڵمدا بوو ماڵێکی حەوانەوە بۆ سندوقی پەیمانی یەزدان و بۆ تەختەپێی خودامان بنیاد بنێم و خۆمم بۆ بنیادنان ئامادە کرد. [٣]بەڵام خودا پێی فەرمووم: ”ماڵ بۆ ناوەکەم بنیاد مەنێ، چونکە تۆ پیاوی جەنگیت و خوێنت ڕشتووە.“

[٤]«لەگەڵ ئەوەشدا یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل لە هەموو ماڵی باوکم منی هەڵبژارد تاکو بۆ هەتاهەتایە ببمە پاشای ئیسرائیل، چونکە یەهودای وەك ڕابەر هەڵبژارد، لە هۆزی یەهوداش ماڵی باوکم، لە کوڕەکانی باوکیشم بە من خۆشحاڵ بوو بۆ ئەوەی بمکاتە پاشای هەموو ئیسرائیل. [٥]لەنێو هەموو ئەو کوڕانەم کە یەزدان پێی بەخشیوم، سلێمانی کوڕمی هەڵبژاردووە هەتا لەسەر تەختی پاشایەتی یەزدانی ئیسرائیل دابنیشێت. [٦]پێی فەرمووم: ”سلێمانی کوڕت ماڵەکەم و حەوشەکەم بۆ بنیاد دەنێت، چونکە ئەوم بە کوڕی خۆم هەڵبژاردووە و منیش دەبمە باوکی

[a] ٢٨ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەك بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

ئەو، [٧]ئەگەر بەردەوام بێت لە کارکردن بە فەرمان و حوکمەکانم، ئەوا پاشایەتییەکەی هەتاهەتایە جێگیر دەکەم.»

[٨]«ئێستاش لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل کە کۆمەڵی یەزدانە و لەبەردەم خوداشمان، ڕاتاندەسپێرم: ئاگاداربن بە جێبەجێکردنی هەموو فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگارتان، بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئەم خاکە چاکە و هەتاهەتایە وەك میراتیش بۆ نەوەکانتان بیهێڵنەوە.

[٩]«سلێمانی کوڕی خۆم، تۆش خودای باوکت بناسە و پڕ بە دڵ و بە هەموو بیرتەوە بیپەرستە، چونکە یەزدان هەموو دڵەکان دەپشکنێت و هەموو شێوەکانی بیرکردنەوە تێدەگات، ئەگەر ڕووی لێ بکەیت بۆت دەردەکەوێت و ئەگەر فەرامۆشی بکەیت هەتاهەتایە ڕەتت دەکاتەوە. [١٠]ئێستاش ببینە، چونکە یەزدان هەڵیبژاردوویت بۆ ئەوەی ماڵێك بۆ پیرۆزگاکە بنیاد بنێیت، جا بەهێزبە و کار بکە.»

[١١]پاشان داود نەخشەی هەیوانەکەی پەرستگا و تەلار و گەنجینە و ژوورەکانی سەرەوەی و ناوەوەی و قەپاغی کەفارەتی[a] دایە سلێمانی کوڕی. [١٢]نەخشەکانی هەموو ئەو شتانەش کە بەهۆی ڕۆحی خوداوە لە دڵیدا بوو، ئەوەی حەوشەکانی پەرستگای یەزدان و هەموو ژوورەکانی دەوروبەری و گەنجینەکانی پەرستگای خودا و گەنجینەکانی شتە تەرخانکراوەکان. [١٣]هەروەها ڕێنمایی پێدا لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی بەشەکانی کاهین و لێڤییەکان و هەموو کارەکانی خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان و هەموو قاپوقاچاغەکانی خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان. [١٤]کێشی زێڕ و زیوی ئەو قاپوقاچاغە زێڕین و زیوینەی دیاری کرد کە لە خزمەتە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردەهێنران: [١٥]کێشی چرادانە زێڕینەکە و چراکانیشیان کە لە زێڕ بوو، کێشی زێڕ بۆ هەر چرادانێك و چراکانی؛ بۆ چرادانە زیوینەکانیش، کێشی زیو بۆ هەر چرادانێك و چراکانی، بەپێی جۆری خزمەتی هەر چرادانێك؛ [١٦]کێشی زێڕ بۆ هەر مێزێکی نانی تەرخانکراو؛ کێشی زیویش بۆ مێزە زیوینەکان؛ [١٧]کێشی زێڕی بێگەرد بۆ چەنگاڵ و تاس[b] و دۆلکەکان؛ بۆ جامە زێڕینەکانیش کێش بۆ هەر جامێك و بۆ جامە زیوینەکانیش کێش بۆ هەر جامێك؛ [١٨]کێشی زێڕی پوختەکراویش بۆ قوربانگای بخوورەکە. هەروەها نەخشەی گالیسکەی کەڕوبەکانی[c] پێدا، کە باڵیان کردووەتەوە و سێبەریان بۆ سندوقی پەیمانی یەزدان کردووە.

[١٩]داود گوتی: «هەموو ئەمانەم نووسیوەتەوە سروشی یەزدانە بۆ من، ڕوونکردنەوەکانی ئەم نەخشەیەش یەزدان تێیگەیاندم.»

[٢٠]هەروەها داود بە سلێمانی کوڕی گوت: «بەهێزبە و ئازابە، کار بکە و مەترسە، ورە بەرمەدە، چونکە یەزدانی پەروەردگار، خودای من لەگەڵتدایە. ئەو وازت لێ ناهێنێت و بەجێت ناهێڵێت هەتا هەموو کارەکانی خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان تەواو دەکەیت. [٢١]بەشەکانی کاهین و لێڤییەکان بۆ هەموو خزمەتێکی پەرستگای خودا ئامادەن، هەموو وەستایەکی شارەزا و خۆبەخشت لەگەڵدایە بۆ هەموو کارێك، سەرکردەکان و هەموو گەلیش پەیڕەوی هەموو فەرمانێکی تۆ دەکەن.»

## پیتاك بەخشین بۆ بنیادنانی پەرستگا

٢٩ پاشان داودی پاشا بە هەموو کۆمەڵەکەی گوت: «سلێمانی کوڕم، ئەوەی کە خودا هەڵیبژاردووە، گەنجێکی پێنەگەیشتووە. کارەکەش گەورەیە، چونکە پەرستگاکە بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ یەزدانی پەروەردگارە. [٢]منیش بە هەموو توانامەوە ئەمانەم بۆ پەرستگای خودام ئامادە کردووە، زێڕ بۆ زێڕنگەری، زیو بۆ زیوگەری،

[a] ١١ بڕوانە دەرچوون ١٧:٢٥.

[b] ١٧ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ٩:١٥؛ ٢٠:١٤ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

[c] ١٨ بڕوانە یەکەم پاشایان ٣:٦.

بڕۆنز بۆ بڕۆنزگەری، ئاسن بۆ ئاسنگەری، تەختە بۆ دارتاشی، بڕێکی زۆر لە بەردی عاشقبەند و بەردە پیرۆزە[a] و چەندین جۆرە بەردی ڕەنگاوڕەنگ، هەروەها هەموو جۆرە بەردێکی باش و مەڕمەڕی سپی. ٣لەسەر هەموو ئەوەی بۆ پەرستگا پیرۆزەکە ئامادەم کردووە، لەبەر خۆشحاڵیم بە پەرستگای خوداکەم، ئێستا گەنجینەیەکی تایبەتی خۆشم لە زێڕ و زیو دەبەخشم: ٤سێ هەزار تالنت[b] زێڕ لە زێڕی ئۆفیر و حەوت هەزار تالنت[c] زیوی پوختەکراو بۆ ڕووکەشکردنی دیواری تەلارەکان و ٥هەر کارێك کە بە زێڕ و زیو دەکرێت، هەموو کارێکی دەستی وەستا پیشەوەرەکانیش. ئێستا کێ خوازیارە خۆی بۆ یەزدان تەرخان بکات؟»

٦ئینجا گەورەی بنەماڵە و سەرۆك هۆزەکانی ئیسرائیل و فەرماندەی هەزاران و سەدان، لێپرسراوانی کارەکانی پاشاش هەموویان بە خواستی خۆیان پیتاکیان بەخشی. ٧بۆ کاری بیناسازی پەرستگای خودا پێنج هەزار تالنت[d] زێڕ و دە هەزار درهەمی[e] زێڕ، دە هەزار تالنت[f] زیو، هەژدە هەزار تالنت[g] بڕۆنز و سەد هەزار تالنت[h] ئاسنیان بەخشی. ٨ئەوەی بەردی گرانبەهای هەبوو دایە گەنجینەی پەرستگای یەزدان کە یەحیێلی گێرشۆنی بەرپرسی بوو. ٩گەل بە بەخشندەیی ڕابەرەکانیان دڵخۆش بوون، چونکە بە هەموو دڵیانەوە پیتاکەکانیان بە یەزدان بەخشی، داودی پاشاش زۆر دڵخۆش بوو.

## نوێژی داود

١٠داود لەبەردەم هەموو کۆمەڵەکە ستایشی یەزدانی کرد و گوتی:

«ستایش بۆ تۆ ئەی یەزدان،
خودای ئیسرائیل، باوکمانی
لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە.
١١ئەی یەزدان، بۆ تۆیە گەورەیی و توانا،
مەزنی و پایەبەرزی و شکۆ،
چونکە هەموو ئەوەی لە ئاسمان و لە زەویدایە
هی تۆیە.
ئەی یەزدان، پاشایەتی هی تۆیە و
تۆ هەرەبەرزیت و لە هەمووان پایەبەرزتری.
١٢دەوڵەمەندی و ڕێز لەلای تۆوە دێن،
تۆ فەرمانڕەوای هەمووانیت.
هێز و توانا لە دەستی تۆدان
تاکو هەمووان بەهێز و وەرەبەرز بکەیت.
١٣ئێستاش ئەی خودای ئێمە، سوپاست دەکەین و
ستایشی ناوە شکۆدارەکەت دەکەین.

١٤«بەڵام من کێم و گەلەکەم کێیە هەتا بتوانین بەم دڵفراوانییەوە ببەخشین؟ هەموو شتێك لە تۆوە دێت، لەوەی کە هی تۆیە بە تۆمان بەخشییەوە. ١٥ئێمە لەبەرچاوی تۆدا نامۆین و وەك هەموو باوباپیرانمان ئاوارەین[i]. ڕۆژانمان لەسەر زەوی وەك سێبەرن و ئومێدیش نییە. ١٦ئەی یەزدانی پەروەردگارمان، هەموو ئەم سامانەی کە ئامادەمان کردووە هەتا پەرستگایەك بۆ ناوی پیرۆزت بنیاد بنێین، هەمووی لە تۆوە هاتووە و هەموو شتێکیش هی تۆیە. ١٧خودایە من دەزانم کە تۆ دڵەکان تاقی دەکەیتەوە و بە دڵی پاك دڵخۆش دەبیت. من بە خواستی خۆم و بە ڕاستگۆییەوە هەموو ئەم شتانەم بەخشیوە. ئێستاش دڵخۆش بووم کە گەلەکەی تۆم لێرە بینی چۆن بە خواستی دڵی خۆیان پیتاکیان پێ بەخشیت. ١٨ئەی یەزدان، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی باوباپیرانمان، ئەم بیرکردنەوەیە بۆ

[a] ٢ بەردە پیرۆزە: بەردێکی شینی سەوزباوە. بڕوانە دەرچوون ١٨:٢٨.

[b] ٤ سێ هەزار تالنت: نزیکەی سەد تەن.

[c] ٤ حەوت هەزار تالنت: نزیکەی ٢٤٠ تەن.

[d] ٧ پێنج هەزار تالنت: نزیکەی ١٧٠ تەن.

[e] ٧ دە هەزار درهەم: نزیکەی ٨٤ کیلۆگرام، درهەم پارە و پولێکی فارسی بووە.

[f] ٧ نزیکەی ٣٤٥ تەن.

[g] ٧ نزیکەی ٦١٠ تەن.

[h] ٧ نزیکەی ٣٤٥٠ تەن.

[i] ١٥ ئاوارەین: بڕوانە پەیدابوون ٤:٢٣.

هەتاهەتایە لە دڵی گەلەکەتدا بپارێزە و دڵیان بەلای خۆتدا ڕابکێشە. [١٩]هەروەها وا بکە سلێمانی کوڕم پڕ بە دڵ فەرمان و یاسا و فەرزەکانت بەجێبهێنێت، هەموویان پەیڕەو بکات و ئەو پەرستگایە بنیاد بنێت کە ئامادەکاریم بۆی کردووە.»

[٢٠]پاشان داود بە هەموو کۆمەڵەکەی گوت: «تکایە ستایشی یەزدانی پەروەردگارتان بکەن.» ئینجا هەموو کۆمەڵەکە ستایشی یەزدانی خودای باوباپیرانی خۆیان کرد و بە چۆکدا هاتن و کڕنۆشیان بۆ یەزدان و پاشا برد.

## دانپێدانانی پاشایەتی سلێمان

[٢١]پاشان لە ڕۆژی دواتر قوربانییان بۆ یەزدان سەربڕی و قوربانی سووتاندنیان بۆ یەزدان سەرخست، هەزار گا و هەزار بەران و هەزار بەرخی نێر لەگەڵ شەرابە پێشکەشکراوەکانیان و قوربانی سەربڕاوی زۆر بۆ هەموو ئیسرائیل. [٢٢]جا لەو ڕۆژەدا بە ئەوپەڕی خۆشییەوە لەبەردەم یەزدان خواردیان و خواردیانەوە.

پاشان دووبارە سلێمانی کوڕی داودیان وەك پاشا ڕاگەیاند و وەك فەرمانڕەوایەك لەلایەن یەزدانەوە دەستنیشان کرا، سادۆقیش وەك کاهین دانرایەوە. [٢٣]ئیتر سلێمان وەك پاشا لەسەر کورسی یەزدان دانیشت، لە جێی داودی باوکی. سەرکەوتوو بوو و هەموو ئیسرائیلیش گوێڕایەڵی بوون. [٢٤]هەروەها هەموو سەرکردە و پاڵەوان و سەرجەم کوڕەکانی داودی پاشا سوێندیان خوارد ملکەچی سلێمانی پاشا بن.

[٢٥]یەزدانیش سلێمانی لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل زۆر مەزن کرد، شکۆیەکی شاهانەی وای پێدا کە پێش خۆی لە ئیسرائیل نەدرابووە هیچ پاشایەکی دیکە.

## مردنی داود

[٢٦]داودی کوڕی یەسا پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد، [٢٧]ئەو ماوەیەش کە پاشایەتی ئیسرائیلی کرد چل ساڵ بوو، حەوت ساڵ لە حەبرۆن و سی و سێ ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [٢٨]لە تەمەنێکی باشی پیریدا مرد و لە ژیان و دەوڵەمەندی و ڕێز، تێری خواردبوو. پاشان سلێمانی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

[٢٩]ڕووداوەکانی پاشایەتی داود لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە پەڕتووکی تۆمارەکانی ساموئێلی پێشبینیکەر و لە تۆمارەکانی ناتانی پێغەمبەر نووسراون، هەروەها لە تۆمارەکانی گادی پێشبینیکەر، [٣٠]لەگەڵ هەموو وردەکارییەکانی پاڵەوانێتی و پاشایەتییەکەی و هەموو ئەو ڕۆژگارانەشی کە بەسەر خۆی و بەسەر ئیسرائیل و هەموو پاشایەتییەکانی خاکەکاندا تێپەڕین.

# دووەم پوختەی مێژوو

**کورتە باسێك**

**گەڕاندنەوەی گەلی خودا لە ڕاپێچکراوی، سەرهەڵدانی پاشا و نۆژەنکردنەوەی پەرستگا، ئینجا خودا بەرەکەتی خۆی بەسەردا ڕشتن.**

پەڕتووکی دووەم پوختەی مێژوو تەواوکەری باسی شانشینی یەهودایە کە لە یەکەم پوختەی مێژوودا باسکراوە. بە وردەکارییەوە شکۆی سلێمان دەردەخات بە تایبەت کاتێك تیشك دەخاتە سەر گەورەیی پەرستگا و شکۆیەکەی، لەبەر ئەوەی ڕوانگەی کاهینییێتی زاڵە لە نووسینەوەی ئەم پەڕتووکە. بەشەکانی دیکە سەبارەت بە فەرمانڕەوایەتی پاشاکانی دیکەی یەهودایە لەگەڵ تیشك خستنە سەر کاروبارەکانی گەل و لایەنی ئایینی گەل.

ئەم پەڕتووکە لە ڕوانگەیەکی ئایینیەوە باسی مێژووی شانشینی یەهودا دەکات. باسی پاشا خراپ و باشەکانی کردووە بۆ ئەوەی دەربکەوێت کێ هۆکاری گەشەسەندنی گەل بووە و کێ بەرپرسیار بووە لە کەوتنی گەل. پیاوانی ئایینی لەگەڵ پاشاکان لە گوناه تێوەگلان و گوناهەکانی گەلیشیان زیاد کرد کە بووە هۆکاری کەوتن و وێران بوونیان، چونکە خودا ڕێی بە دوژمنەکانیان دا بنەبڕیان بکەن و بۆ چەندین سەردەم ببنە پەند، چونکە خودا ڕێ بە گوناه نادات.

### داواکردنی دانایی لەلایەن سلێمانەوە

١ سلێمانی کوڕی داود دەسەڵاتی خۆی بەسەر
پاشایەتییەکەیدا بەهێز کرد، چونکە یەزدانی
پەروەردگاری خۆی لەگەڵی بوو، زۆر مەزنی کرد.
٢ پاشان سلێمان قسەی لەگەڵ هەموو ئیسرائیل
کرد، لەگەڵ فەرماندەکانی هەزاران و سەدان،
هەروەها دادوەرەکان و هەموو سەرکردەکان لە
هەموو ئیسرائیل کە گەورەی بنەماڵەکان بوون. ٣ ئیتر
سلێمان و هەموو کۆمەڵەکە لەگەڵی چوونە سەر
ئەو نزرگەیەی لەسەر بەرزاییەکەی گبعۆنە، چونکە
چادری چاوپێکەوتنی خودا ئەوەی موسای بەندەی
یەزدان لە چۆڵەوانیدا دروستی کرد، لەوێ بوو. ٤ داود
لە قیریەت یەعاریمەوە سندوقی خودای هێنا بۆ
ئەو شوێنەی کە ئامادەی کردبوو، لەبەر ئەوە لە
ئۆرشەلیم چادرێکی بۆ هەڵدابوو. ٥ بەڵام ئەو قوربانگا
برۆنزییەی کە بەسەلئێلی کوڕی ئوری کوڕی حوور
دروستی کردبوو، لە گبعۆن لەبەردەم چادرەکەی
پەرستنی یەزدان بوو، ئیتر سلێمان و کۆمەڵەکە لەوێ
پرسیاریان لە یەزدان کرد. ٦ سلێمان لە یەزدان چووە
پێشەوە و هەزار قوربانی سووتاندنی سەرخستە
سەر قوربانگا برۆنزییەکە کە لەبەردەم چادری
چاوپێکەوتندا بوو.
٧ لەو شەوەدا خودا بۆ سلێمان دەرکەوت و پێی
فەرموو: «داوا بکە، چیت پێ بدەم؟»
٨ سلێمانیش بە خودای گوت: «تۆ لەگەڵ داودی
باوکم چاکەی گەورەت کردووە، منت لە جێی ئەو
کردووەتە پاشا. ٩ ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگار، با
بەڵێنەکەت لەگەڵ داودی باوکمدا بچەسپێت، چونکە
تۆ منت کردووەتە پاشای گەلێکی زۆر کە وەك
خۆڵی زەوییە. ١٠ ئێستا دانایی و زانینم پێ ببەخشە
بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی ئەم گەلە بکەم، چونکە کێ
دەتوانێت فەرمانڕەوایەتی ئەم گەلە گەورەیەت
بکات؟»
١١ خوداش بە سلێمانی فەرموو: «لەبەر ئەوەی
ئەمە لە دڵتدا بوو و داوای دەوڵەمەندی و پارە و
پوول و پایەداری و مردنی دوژمنەکانت و داوای
تەمەن درێژیت نەکرد، بەڵکو داوای دانایی و زانینت
بۆ خۆت کرد، بۆ ئەوەی دادوەرایەتی گەلەکەم
بکەیت، ئەوەی تۆم کردووەتە پاشای، ١٢ ئەوا

دانایی و زانینت پێ دەبەخشم. سەرباری ئەوەش دەوڵەمەندی و پارە و پوول و پایەدارییەکی وات پێ دەبەخشم کە شتی وا نەبووبێت بۆ پاشاکانی پێش تۆ و بۆ ئەوانەی لەدوای تۆش دێن.»

[١٣]پاشان سلێمان لە چادری چاوپێکەوتنەوە کە لەسەر بەرزاییەکەی گبعۆن بوو چوو بۆ ئۆرشەلیم و پاشایەتی ئیسرائیلی کرد.

[١٤]سلێمان گالیسکە و ئەسپ سواری کۆکردەوە، هەزار و چوار سەد گالیسکە و دوازدە هەزار ئەسپ سواری هەبوو. لە شارەکانی گالیسکەکان و لەگەڵ خۆیدا لە ئۆرشەلیم دایانان. [١٥]پاشا کارێکی وای کرد کە لە ئۆرشەلیم زێڕ و زیو وەك بەردیان لێ بێت، دار ئورزیش لە زۆری وەك دار هەنجیری زوورگەکان بێت. [١٦]ئەسپەکانی سلێمان لە میسر و لە قەڤێیەوە[a] هاوردە دەکران. بازرگانەکانی پاشا لە قەڤێیەوە بە نرخێکی بازاڕ وەریاندەگرتن. [١٧]گالیسکە لە میسرەوە بە شەش سەد شاقل[b] زیو و ئەسپیش بە سەد و پەنجا[c] هاوردەیان دەکرد، هەروەها بۆ هەموو پاشاکانی حیتی و ئارامی هەناردەیان دەکرد.

## ئامادەکاری بۆ بنیادنانی پەرستگا

٢ سلێمان فەرمانی دا بە بنیادنانی پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدان و کۆشکێکیش بۆ پاشایەتییەکەی. [٢]بێگاری بە حەفتا هەزار پیاوی بارهەڵگر و هەشتا هەزار نەقاڕ کرد لە چیا، هەروەها بە سێ هەزار و شەش سەد کەس کە وەك سەرکاری ئەوان دانا.

[٣]سلێمان ناردی بۆ لای حیرامی پاشای سور و گوتی:

«وەك ئەوەم لەگەڵ بکە کە لەگەڵ داودی باوکم کردت، بەوەی کە داری ئورزت بۆ نارد هەتا کۆشکێك بۆ خۆی بنیاد بنێت و تێیدا نیشتەجێ بێت. [٤]ئێستا من پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگارم بنیاد دەنێم، هەتا بۆی تەرخان بکەم بۆ سووتاندنی بخووری بۆنخۆش لەبەردەمی و بۆ نانی تەرخانکراوی بەردەوام و قوربانی سووتاندن لە بەیانییان و ئێواران، لە شەممە و سەرەمانگ و جەژنەکانی یەزدانی پەروەردگارمان، ئەمە هەتاهەتایە لەسەر ئیسرائیل دەبێت.

[٥]«ئەو پەرستگایەش کە من بنیادی دەنێم گەورەیە، چونکە خودامان لە هەموو خوداوەندەکان گەورەترە. [٦]بەڵام کێ دەتوانێت پەرستگایەکی بۆ بنیاد بنێت، چونکە ئاسمان و ئاسمانی ئاسمانەکان جێی ئەویان تێدا نابێتەوە! ئیتر من کێم هەتا پەرستگایەکی بۆ بنیاد بنێم، ئەگەر تەنها بۆ سووتاندنی بخوور نەبێت لەبەردەمیدا؟

[٧]«ئێستاش پیاوێکم بۆ بنێرە دانا بێت لە کاری زێڕ و زیو و بڕۆنز و ئاسن و ڕیسی ئەرخەوانی و سووری تۆخ و مۆر، کارامە بێت لە پیشەی هەڵکۆڵین، هەتا لەگەڵ پیاوە داناکانی لای خۆم بێت لە یەهودا و ئۆرشەلیم، ئەوانەی داودی باوکم ئامادەی کردن.

[٨]«لە لوبنانەوە داری ئورز و سنەوبەر و ئەلگومم[d] بۆ بنێرە، چونکە دەزانم کە خزمەتکارەکانت لە بڕینی داری لوبناندا کارامەن. خزمەتکارەکانم ئامادەن لەگەڵ خزمەتکارەکانت کار بکەن [٩]بۆ ئەوەی دارێکی زۆرم بۆ ئامادە بکەن، چونکە دەبێت ئەو پەرستگایەی بنیادی دەنێم گەورە و سەرسوڕهێنەر بێت. [١٠]ئەو خزمەتکارانەت کە دارەکان دەبڕنەوە، بیست هەزار کۆر[e] گەنم و بیست هەزار کۆر جۆ[f] و بیست هەزار

[a] ١٦ قەڤێ: دەشێت کیلیکیا بێت. بڕوانە کردار ٩:٦ هتد.
[b] ١٧ شەش سەد شاقل: نزیکەی ٧ کیلۆگرام.
[c] ١٧ سەد و پەنجا شاقل: نزیکەی ١,٧ کیلۆگرام.

[d] ٨ ئەلگوم جۆرە دارێکی بەهێزە لە لوبنان دەڕوێت، ڕەنگی سوور و بۆنخۆشە.
[e] ١٠ بیست هەزار کۆر: نزیکەی ٣٢٠٠ تەن گەنم.
[f] ١٠ بیست هەزار کۆر: نزیکەی ٢٧٠٠ تەن جۆ.

بەت[a] شەراب و بیست هەزار بەت زەیتیان دەدەمێ.»

١١حیرامی پاشای سوریش لە نووسراوێکدا کە بۆ سلێمان ناردی نووسیبووی:

«لەبەر ئەوەی یەزدان گەلەکەی خۆی خۆشدەوێت، تۆی کردووەتە پاشایان.»

١٢هەروەها حیرام گوتی:

«ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەوەی ئاسمان و زەویی دروستکردووە! ئەوەی کوڕێکی دانا و زانا و تێگەیشتووی داوەتە داودی پاشا، کە پەرستگایەك بۆ یەزدان و کۆشکێك بۆ پاشایەتییەکەی بنیاد دەنێت.

١٣«ئێستا من پیاوێکی دانا و شارەزا و تێگەیشتووت بۆ دەنێرم بە ناوی حورامئاقی[b]، ١٤کوڕی ژنێکە لە نەوەی دان و باوکیشی خەڵکی شاری سورە. شارەزایە لە کاری زێڕ و زیو، بڕۆنز و ئاسن، بەرد و دار، ڕیسی ئەرخەوانی و مۆر و سووری تۆخ، لەگەڵ کەتانی ناسك، هەروەها هەڵکۆڵینی هەموو جۆرە نەخشێك و داهێنانی هەموو داهێنانێك کە پێی بسپێردرێت، با لەگەڵ پیاوە داناکانت و لەگەڵ پیاوە داناکانی گەورەم داودی باوکت بێت.

١٥«ئێستاش ئەو گەنم و جۆ و زەیتی زەیتوون و شەرابەی کە گەورەم باسی کردوون با بۆ خزمەتکارەکانی بنێرێت و ١٦ئێمەش لە لوبنانەوە بەپێی پێویستیت دارت بۆ دەبڕین و دەیکەینە کەڵەك و دەیدەین بە دەم دەریاوە بۆ یافا و تۆش بۆ ئۆرشەلیم سەری بخە.»

١٧سلێمان پاش ئەو سەرژمێرییەی کە داودی باوکی ئەنجامی دا، هەموو پیاوە بیانییەکانی ناو خاکی ئیسرائیلی سەرژمێری کرد، ژمارەیان سەد و پەنجا و سێ هەزار و شەش سەد پیاو بوون. ١٨حەفتا هەزاریانی کردە بارهەڵگر و هەشتا هەزاریشی لە چیادا کردە نەقاڕ و سێ هەزار و شەش سەدەکەی دیکەشی کردە سەرکار بۆ ئەوەی کار بە گەل بکەن.

## بنیادنانی پەرستگای سلێمان

٣ ئینجا سلێمان دەستی بە بنیادنانی پەرستگای یەزدان کرد لە ئۆرشەلیم لە کێوی مۆریا، کە لەوێدا یەزدان خۆی بۆ داودی باوکی دەرخستبوو. پەرستگاکە لەسەر جۆخینەکەی ئەرەونای یەبوسی بوو، ئەو شوێنەی کە داود ئامادەی کردبوو. ٢لە دووی مانگی دووەمی ساڵی چوارەمی پاشایەتییەکەی دەستی بە بنیادنان کرد.

٣سلێمان ئەم بناغەیەی لێدا بۆ بنیادنانی پەرستگای خودا، درێژییەکەی بە باڵ بەپێی پێوانە کۆنەکە، شەست باڵ[c] و پانییەکەی بیست باڵ[d] بوو. ٤هەیوانی بەردەم پیرۆزگاکە درێژییەکەی وەك پانی پیرۆزگاکە بیست باڵ بوو، بەرزییەکەشی بیست باڵ بوو.

لەناوەوەش بە زێڕی بێگەرد ڕووکەشی کرد. ٥هۆڵە سەرەکییەکەشی بە تەختەی دار سنەوبەر داپۆشی و بە زێڕی بێگەردیش ڕووکەشی کرد و وێنەی دار خورما و زنجیری لەسەر هەڵکۆڵین و ٦پەرستگاکەی بە بەردی گرانبەها ڕازاندەوە بۆ جوانی و زێڕەکەش زێڕی پەرڤایم[e] بوو. ٧کاریتە و چوارچێوەی دەرگاکان، دیوارەکان و دەرگاکانی پیرۆزگاکەی بە زێڕ ڕووکەش کرد و وێنەی کەڕوبەکانی[f] لەسەر دیوارەکان هەڵکۆڵی.

٨شوێنی هەرەپیرۆزیشی بنیاد نا کە درێژییەکەی وەك پانی پیرۆزگاکە بیست باڵ بوو و پانییەکەشی

[a] ١٠ بیست هەزار بەت: نزیکەی ٤٤٠ هەزار لیتر.

[b] ١٣ ئابی بە واتای (سەرکاری من).

[c] ٣ شەست باڵ: نزیکەی ٢٧ مەتر.

[d] ٣ بیست باڵ: نزیکەی نۆ مەتر، لێرە و لە ئایەتی ٤، ٨، ١١، ١٣.

[e] ٦ جۆر یان سەرچاوەی زێڕەکەیە (دەشێت باشووری ڕۆژهەڵاتی عەرەبستان بێت).

[f] ٧ کەڕوبەکان: بوونەوەرێکی ئاسمانی باڵدارە. بڕوانە حزقیێل ٥:١٠.

بیست باڵ بوو و بە زێڕی بێگەرد ڕووکەشی کرد کە کێشەکەی شەش سەد تالنت[a] بوو. [٩]کێشی بزمارەکانیش پەنجا شاقل زێڕ[b] بوو، بەشەکانی سەرەوەشی بە زێڕ ڕووکەش کرد.

[١٠]لە شوێنی هەرەپیرۆزدا پەیکەری دوو کەڕوبی تاشی[c] و بە زێڕ ڕووکەشی کردن. [١١]درێژی باڵەکانی هەردوو کەڕوبەکە بیست باڵ بوو: درێژی باڵی کەڕوبەکەی یەکەم پێنج باڵ[d] بوو، بەر دیواری پیرۆزگاکە دەکەوت، درێژی باڵەکەی دیکەشی پێنج باڵ بوو، بەر باڵی کەڕوبەکەی دووەم دەکەوت؛ [١٢]بە هەمان شێوە درێژی باڵی کەڕوبەکەی دووەم پێنج باڵ بوو و بەر دیواری پیرۆزگاکە دەکەوت و باڵەکەی دیکەشی پێنج باڵ بوو و بەر باڵی کەڕوبەکەی یەکەم دەکەوت. [١٣]باڵەکانی ئەم دوو کەڕوبە کرابوونەوە و بیست باڵ درێژ بوون، لەسەر پێیەکانیان ڕاوەستا بوون و ڕووشیان ڕووەو هۆڵی سەرەکی پیرۆزگاکە بوو.

[١٤]پەردەکەی لە ڕیسی مۆر و ئەرخەوانی و سووری تۆخ و کەتانی ناسك دروستکرد و وێنەی کەڕوبەکانی لەسەر چنی.

[١٥]لەبەردەم پپرۆزگاکەدا دوو کۆڵەکەی دروستکرد کە درێژی هەریەکەیان سی و پێنج باڵ[e] بوو و ئەو تاجەی کە لەسەر هەر یەکێکیان بوو پێنج باڵ بوو. [١٦]زنجیری هۆنییەوە و لەسەر سەری دوو کۆڵەکەکە دایینان، سەد هەناریشی دروستکرد و بە زنجیرەکانەوە هەڵیواسین. [١٧]دوو کۆڵەکەشی لەبەردەم پیرۆزگاکە ڕاگرت، یەکێکیان لەلای باشوور و ئەوی دیکەیان لەلای باکوور، کۆڵەکەکەی لای باشووری ناونا یاکین[f] و کۆڵەکەکەی لای باکووریشی ناونا بۆعەز[g].

## کەلوپەلەکانی پەرستگا

٤ قوربانگایەکی بڕۆنزی دروستکرد کە درێژییەکەی بیست باڵ[h] و پانییەکەشی بیست باڵ و بەرزییەکەی دە باڵ[i] بوو. [٢]حەوزە بڕۆنزییەکەشی[j] بە بازنەیی بە قاڵب دروستکرد، لە لێوارەوە هەتا لێوار دە باڵ بوو، پێنج باڵ[k] بەرزی، چێوەکەشی گوریسێکی سی باڵ[l] بوو. [٣]لەژێر لێوارەکەی لە هەر چواردەورەی وێنەی گا نەخشێنرابوو، دە وێنە بۆ هەر باڵێك[m]، بەدەوری حەوزە بڕۆنزییەکە بە دوو ڕیز، وێنەی گایەکان لەگەڵ حەوزە بڕۆنزییەکە لەقاڵبدرابوون.

[٤]حەوزە بڕۆنزییەکەش لەسەر دوازدە گا ڕاوەستابوو، سێیان ڕوویان لە باکوور، سێ ڕوویان لە ڕۆژئاوا، سێ ڕوویان لە باشوور، سێش ڕوویان لە ڕۆژهەڵات بوو، حەوزە بڕۆنزییەکەش لەسەریان دانرابوو، هەمووشیان پاشەڵیان ڕوو لەناوەوە بوو. [٥]ئەستوورایییەکەی چوار پەنجە بوو، لێوارەکەی وەك لێواری جام دروستکرابوو، لە شێوەی گوڵی سەوسەن، هەروەها جێی سێ هەزار بەتی[n] تێدا دەبووەوە.

[٦]هەروەها دە دەستشۆری دروستکرد، پێنجی لەلای باشوور و پێنجیشی لەلای باکوور دانا، بۆ شوشتن لە کاتی ئەنجامدانی قوربانی سووتاندن، بەڵام کاهینەکان ئاوی حەوزە بڕۆنزییەکەیان بۆ شوشتن بەکاردەهێنا.

[٧]چرادانی زێڕیش دەی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دروستکرد و لەناو پەرستگاکە دایانن، پێنج لەلای باشوور و پێنج لەلای باکوور.

[٨]دە مێزیشی دروستکرد و لە پەرستگاکە دایانن،

[a] ٨ شەش سەد تالنت: نزیکەی ٢١ هەزار کیلۆگرام.
[b] ٩ پەنجا شاقل زێڕ: نزیکەی ٠،٦ کیلۆگرام.
[c] ١٠ دوو کەڕوبی تاشی: بڕوانە یەکەم پاشایان ٦:٢٣.
[d] ١١ پێنج باڵ: نزیکەی ٢،٣ مەتر، لێرە و لە ئایەتی ١٢ و ١٥.
[e] ١٥ سی و پێنج باڵ: نزیکەی ١٦ مەتر.
[f] ١٧ یاکین: دەشێت واتاکەی (بنیاد دەنێت) بێت.
[g] ١٧ بۆعەز: دەشێت واتاکەی (هێز لەناو ئەو هەیە) بێت.

[h] ١ بیست باڵ: نزیکەی نۆ مەتر.
[i] ١ دە باڵ: نزیکەی ٤،٥ مەتر، لێرە و لە ئایەتی ٢.
[j] ٢ کۆگای ئاو بووە، هەروەها پێی گوتراوە دەریا، بڕوانە دەرچوون ٣٠:١٧-٢١.
[k] ٢ پێنج باڵ: نزیکەی ٢،٣ مەتر.
[l] ٢ سی باڵ: نزیکەی ١٣،٥ مەتر.
[m] ٣ باڵێك: نزیکەی نیو مەتر.
[n] ٥ سێ هەزار بەت: نزیکەی ٦٦ هەزار لیتر.

پێنج لەلای باشوور و پێنجیش لەلای باکوور. سەد
تاسی زێڕیشی[a] دروستکرد.
[٩]ئینجا حەوشەی کاهینەکان و ماڵە گەورەکەی
دروستکرد لەگەڵ دەرگاکانی ماڵەکە و دەرگاکانیشی
بە بڕۆنز ڕووکەش کرد. [١٠]حەوزە بڕۆنزییەکەشی لە
سووچی باشووری ڕۆژهەڵاتی پەرستگاکەوە دانا.
[١١]هەروەها حورام مەنجەڵ و خاکەناز و تاسەکانی
دروستکرد.

حورام کارەکانی تەواو کرد، ئەوانەی بۆ سلێمان
پاشا بۆ پەرستگای خودا کردی:

[١٢]دوو کۆڵەکەکە؛
دوو شێوە قاپەکە کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون؛
دوو تۆڕەکە بۆ ڕازاندنەوەی دوو شێوە قاپەکە کە
لەسەر دوو کۆڵەکەکە بوون؛
[١٣]هەروەها چوار سەد هەنارەکە بۆ دوو تۆڕەکە،
دوو ڕیز هەنار بۆ هەر تۆڕێك بۆ ڕازاندنەوەی
دوو شێوە قاپەکە کە لەسەر دوو کۆڵەکەکە
بوون؛
[١٤]عەرەبانەکان و دەستشۆرەکانی سەر عەرەبانەکان؛
[١٥]حەوزە بڕۆنزییەکە و دوازدە گایەکەی ژێری؛
[١٦]هەروەها مەنجەڵ و خاکەناز و چەنگاڵەکان،
لەگەڵ هەموو قاپوقاچاغەکانیان.

حورامئاڤی هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە بڕۆنزی
سافکراو بۆ سلێمانی پاشا بۆ پەرستگای یەزدان
دروستکرد. [١٧]پاشا لە دەشتی ڕووباری ئوردون
لەنێوان سوکۆت و چەرەتان لە قاڵبی قوڕ دایڕشتن.
[١٨]سلێمانیش هێندە شتومەکی زۆری دروستکرد، کە
کێشی بڕۆنزەکەی نەدەزانرا.
[١٩]هەروەها سلێمان هەموو ئەو کەلوپەلانەی
دروستکرد کە لە پەرستگای خودا بوون:

قوربانگا زێڕینەکە و
ئەو مێزانەی کە نانی تەرخانکراوی لەسەر بوو بۆ
خودا؛
[٢٠]چرادان و چراکانیان هەتا بەپێی ڕێسا لەبەردەم
شوێنی هەرەپیرۆز دابگیرسێن، لە زێڕی
بێگەرد؛
[٢١]هەروەها گوڵ و چرا و مەقاشەکان تەواو زێڕ
بوون؛
[٢٢]مەقەست، تاس، چەمچە و بخووردانەکان لە زێڕی
بێگەرد؛ هەروەها ئەمانە دەرگا زێڕینەکانی
پیرۆزگا بوون: دەرگای ناوەوەی شوێنی
هەرەپیرۆز و دەرگاکانی هۆڵی سەرەکی
پیرۆزگاکە.

٥ کاتێك سلێمان هەموو کارەکانی پەرستگای
یەزدانی تەواو کرد، شتە تەرخانکراوەکانی
داودی باوکی کە لە زێڕ و زیو بوون و کەلوپەلەکانی
هێنا پێشکەشی کرد بە گەنجینەکانی پەرستگای
خودا.

## هێنانی سندوقی پەیمان بۆ پەرستگاکە

[٢]لەو کاتەدا سلێمان لە ئۆرشەلیم پیرانی
ئیسرائیلی کۆکردەوە، هەموو سەرکردەی هۆزەکان
و گەورەی بنەماڵەکانی نەوەی ئیسرائیل، بۆ هێنانی
سندوقی پەیمانی یەزدان لە سییۆنەوە، کە بە
شاری داود ناسراوە. [٣]هەروەها لەو جەژنەی کە لە
مانگی حەوتە[b] هەموو گەلی ئیسرائیل لەلای پاشا
کۆبوونەوە.
[٤]ئیتر هەموو پیرانی ئیسرائیل هاتن و
لێڤییەکانیش سندوقەکەیان هەڵگرت، [٥]سندوقەکە و
چادری چاوپێکەوتن و هەموو کەلوپەلە پیرۆزەکانی
ناو چادرەکەیان هێنا. کاهینە لێڤییەکان هێنایانە
سەرەوە، [٦]سلێمانی پاشاش لەگەڵ هەموو کۆمەڵی
ئیسرائیل کە لەگەڵی کۆبووبوونەوە لەبەردەم

[a] ٨ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ١٥:٩؛ ٢٠:١٤ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

[b] ٣ مەبەست لە جەژنی کەپرەشینەیە، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی زایینی لەنێوان مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمە. بڕوانە لێڤییەکان ٣٤:٢٣-٤٣.

سندوقەکە بوون، مەڕ و مانگایان سەردەبڕی کە لە زۆریدا نە تۆمار دەکرا و نە دەژمێردرا.
[٧]ئینجا کاهینەکان سندوقی پەیمانی یەزدانیان هێنایە شوێنەکەی خۆی، بۆ پیرۆزگاکەی ناوەوەی پەرستگاکە، شوێنی هەرەپیرۆز، بۆ ژێر باڵی دوو کەڕوبەکە. [٨]دوو کەڕوبەکە باڵەکانیان بەسەر سندوقەکەدا کردبووەوە، سندوقەکە و هەردوو داردەستەکەشیان دادەپۆشی کە بۆ هەڵگرتنیەتی. [٩]ئەم داردەستانەش ئەوەندە درێژ بوون کە لە ئەمسەر و ئەوسەری سندوقەکەوە دەرچووبوون، هەروەها سەری داردەستەکان لەو دیوی پەردەی شوێنی هەرەپیرۆز دەبینران، بەڵام لە دەرەوەی شوێنە پیرۆزەکەوە نەدەبینران، هەتا ئەمڕۆش هەر لەوێدان. [١٠]ناو سندوقەکەش هیچی تێدا نەبوو، جگە لەو دوو تەختە بەردەی کە موسا لە حۆرێڤ تێیدا دایناب‌وون کاتێك یەزدان لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل لە کاتی هاتنەدەرەوەیان لە میسر پەیمانی لەگەڵ بەستن.

[١١]ئینجا کاهینەکان لە شوێنی پیرۆز کشانەوە. هەموو کاهینە ئامادەبووەکان خۆیان پیرۆز کردبوو بێ ڕەچاوکردنی بەشەکانیان. [١٢]هەروەها لێڤییە گۆرانیبێژەکانیش کە بریتی بوون لە ئاساف و هێیمان و یەدوتون و کوڕەکانیان و براکانیان، هەموویان کەتانی ناسکیان لەبەرکردبوو بە سەنج و بە قیسارە و بە سازەوە ڕاوەستابوون و لەلای ڕۆژهەڵاتی قوربانگاکەوە، سەد و بیست کاهینیشیان لەگەڵدا بوو کە کەڕەنایان لێدەدا. [١٣]کەڕەنا لێدەر و گۆرانیبێژەکان بە یەك دەنگ ستایش و سوپاسی یەزدانیان کرد، دەنگیان بەرزکردەوە و بە کەڕەنا، سەنج و ئامێرە مۆسیقییەکانی دیکە ستایشی یەزدانیان کرد و گوتیان:

«بێگومان خودا چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.»

ئینجا پەرستگای یەزدان پڕبوو لە هەور و
[١٤]کاهینەکانیش لەبەر هەورەکە نەیانتوانی خزمەت بکەن، چونکە شکۆی یەزدان پەرستگای خودای پڕکرد.

## ٦

ئینجا سلێمان گوتی: «یەزدان فەرموویەتی، کە لەناو هەوری تاردا نیشتەجێ دەبێت. [٢]من پەرستگایەکی شکۆدارم بۆ بنیاد نایت، شوێنێك هەتاهەتایە بۆ نیشتەجێبوونت.»
[٣]کاتێك هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل ڕاوەستا بوون، پاشا ڕووی خۆی وەرگێڕا و داوای بەرەکەتی بۆ هەموویان کرد. [٤]ئینجا گوتی:

«ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەوەی بە دەمی خۆی بەڵێنی بە داودی باوکم دا و بە دەستی خۆی بەجێی هێنا، هەروەك فەرمووی: [٥]"لەو ڕۆژەوەی ئیسرائیلی گەلی خۆمم لە میسرەوە هێناوەتە دەرەوە، هیچ شارێکم لەناو هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی پەرستگایەك بنیاد بنێن هەتا ناوەکەم لەوێ بێت و هیچ کەسێکیشم هەڵنەبژاردووە ببێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیلی گەلی من، [٦]بەڵکو ئۆرشەلیمم هەڵبژاردووە هەتا ناوەکەم لەوێ بێت و داودم هەڵبژاردووە تاکو فەرمانڕەوایەتی ئیسرائیلی گەلی من بکات."

[٧]«لە دڵی داودی باوکیشمدا بوو پەرستگایەك بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد بنێت. [٨]بەڵام یەزدان بە داودی باوکمی فەرموو: "لەبەر ئەوەی لە دڵتدا بوو پەرستگایەك بۆ ناوەکەم بنیاد بنێیت، باشت کرد کە ئەمە لە دڵتدا بوو، [٩]لەگەڵ ئەوەشدا تۆ پەرستگاکە بنیاد نانێیت، بەڵکو کوڕەکەت ئەوەی لە خوێنی خۆتە، ئەو پەرستگاکە بۆ ناوی من بنیاد دەنێت."

[١٠]«یەزدان بەڵێنی خۆی بردەسەر، ئەوەی کە فەرمووی. منیش شوێنی داودی باوکمم گرتەوە و لەسەر تەختی ئیسرائیل دانیشتم، هەروەك یەزدان فەرمووی. پەرستگاکەشم بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل

بنیاد نا. [١١]لەوێشدا سندوقەکەم دانا، ئەوەی ئەو پەیمانەی یەزدانی تێیدایە کە لەگەڵ ئیسرائیلدا بەستی.»

## نوێژی سلێمان بۆ تەرخانکردن

[١٢]ئینجا سلێمان لەبەردەم قوربانگای یەزدان بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل ڕاوەستا و دەستی بەرز کردەوە. [١٣]سلێمان سەکۆیەکی لە بڕۆنز دروستکردبوو و لەناوەڕاستی حەوشەکەدا داینابوو، درێژییەکەی پێنج باڵ و پانییەکەشی پێنج باڵ[a] بوو، بەرزییەکەشی سێ باڵ[b]، جا لەسەری ڕاوەستا بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل چۆکی دادا و دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و [١٤]گوتی:

«ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، هیچ خودایەك لە ئاسمان و لەسەر زەوی لە وێنەی تۆ نییە، پەیمانی خۆشەویستییەکەت بۆ خزمەتکارەکانت دەبەیتەسەر، ئەوانەی لەبەردەمی تۆ بە دڵسۆزییەوە ڕەفتار دەکەن. [١٥]تۆ بەڵێنی خۆتت بۆ بەندەکەت، بۆ داودی باوکم هێنایە دی. ئەوەی بە دەمت بەڵێنت پێدا، ئەمڕۆ بە دەستی خۆتت هێنایە دی.

[١٦]«ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، ئەو بەڵێنەی کە تۆ بە بەندەکەی خۆت، بە داودی باوکی منت دا، بۆی بهێنە دی، کە فەرمووت: "پیاو لە تۆ نابڕێت لەبەردەمم بۆ دانیشتن لەسەر تەختی ئیسرائیل، تەنها ئەگەر کوڕانت ئاگاداری ئەوە بن کە بەگوێرەی فێرکردنەکەم لەبەردەمم ڕەفتار بکەن، هەروەك چۆن تۆ ڕەفتارت کرد." [١٧]ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، با ئەو بەڵێنەت بێتە دی کە بەڵێنت بە داودی بەندەت دا.

[١٨]«بەڵام ئایا بەڕاستی خودا لەگەڵ مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێ دەبێت؟ ئەوەتا ئاسمان و ئاسمانی ئاسمانەکان جێی تۆیان تێدا نابێتەوە، ئیتر چۆن ئەم پەرستگایە کە من بنیادم ناوە! [١٩]بەڵام ئەی یەزدان، خودای من، ئاوڕ لە نوێژ و لە داواکارییەکانی بەندەکەت بدەوە و گوێ لە هاوار و ئەو نوێژە بگرە کە بەندەکەت لەبەردەمت دەیکات. [٢٠]با شەو و ڕۆژ چاوەکانت کراوە بن لەسەر ئەم پەرستگایە، لەسەر ئەو شوێنەی کە فەرمووت: "ناوی من لەوێ دەبێت،" هەتا گوێت لەو نوێژە بێت کە بەندەکەت بەرەو ئەم شوێنە دەیکات. [٢١]هەروەها گوێ لە پاڕانەوەی بەندەکەت و ئیسرائیلی گەلت بگرە ئەوانەی بەرەو ئەم شوێنە نوێژ دەکەن، تۆش لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە ببیستە، جا کە لە ئاسمانەوە بیستت لێمان خۆشبە.

[٢٢]«ئەگەر یەکێك گوناهی دەرهەق بە هاوڕێکەی کرد و سوێندخواردنی بەسەردا سەپێنرا و هات بۆ ئەوەی لەبەردەم قوربانگاکەت لەم پەرستگایە سوێندەکەی بخوات، [٢٣]تۆ لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و دەستبەکار بە. دادوەری لەنێوان خزمەتکارەکانت بکە، حوکم بدە بەسەر تاوانباردا بەوەی ڕێگای خۆی بەسەر خۆیدا بهێنەرەوە، ئەستۆپاکی کەسی بێتاوان دەربخە و بەگوێرەی بێتاوانییەکەی پێی ببەخشە.

[٢٤]«کاتێك ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت بەهۆی ئەو گوناهەی بەرامبەرت دەیکەن، لەبەردەم دوژمنەکانیان تێکدەشکێن، ئەگەر گەڕانەوە بۆ لات و دانیان نایەوە بە ناوی تۆ، لەبەردەمت لەم پەرستگایەدا نزا و نوێژیان کرد و پاڕانەوە، [٢٥]تۆش لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی ئیسرائیلی گەلت خۆشبە و بیانگەڕێنەوە ئەو خاکەی کە بە خۆیان و باوباپیرانیانت داوە.

[٢٦]«ئەگەر ئاسمان داخرا و باران نەباری بەهۆی ئەوەی گەلەکەت گوناهیان دەرهەق

---

[a] ١٣ پێنج باڵ: نزیکەی ٢،٣ مەتر.

[b] ١٣ سێ باڵ: نزیکەی ١،٤ مەتر.

بە تۆ کرد، پاشان نوێژیان ڕووەو ئەم شوێنە
کرد و دانیان بە ناوەکەتدا نا و لە گوناهەکەیان
پاشگەز بوونەوە، چونکە گرفتارت کردن،
٢٧تۆش لە ئاسمانەوە گوێ بگرە و لە گوناهی
خزمەتکارەکانت و ئیسرائیلی گەلی خۆت
خۆشبە، فێری ئەو ڕێگا باشەیان بکە کە
دەبێت پێیدا بڕۆن و باران بەسەر خاکەکەتدا
ببارێنە، ئەوەی بە میرات داوتە بە گەلەکەت.
٢٨«هەر کاتێك قاتوقڕی، پەتا، بای گەرمەسێر،
کوللە یان سن لە خاکەکە دەدات؛ یان هەر
کاتێك دوژمن لە شارەکانیان گەمارۆیان دەدەن؛
یان هەر بەڵا و دەردێك دێت؛ ٢٩ئیتر کاتێك
هەرکەسێکی ئیسرائیلی گەلی خۆت نوێژ
یان داواکارییەك لە تۆ بکات، لەلایەن ئەوەی
کە دەرد و ئازاری خۆی دەزانێت و دەستی
بەرامبەر بەم پەرستگایە بەرز دەکاتەوە، ٣٠ئەوا
تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە
گوێ بگرە. لێی خۆشبە، لەبەر ئەوەی تەنها
تۆ دڵی ئادەمیزاد دەناسیت، بۆ هەرکەسێك
بەگوێرەی هەڵسوکەوتەکانی کاردانەوەت
هەبێت، ٣١بۆ ئەوەی بە درێژایی ڕۆژانی
ژیانیان لەم خاکەی بە باوباپیرانی ئێمەت داوە
لێت بترسن و ڕێگاکانت بگرنەبەر.
٣٢«هەروەها ئەو بیانییەی کە لە ئیسرائیلی
گەلەکەی خۆت نییە و لە پێناوی ناوی مەزنت
و دەستی پۆڵایین و بازووی بەهێزت لە
خاکێکی دوورەوە هاتووە، جا کە هات و بەرەو
ئەم پەرستگایە نوێژی کرد، ٣٣تۆ لە ئاسمانەوە
لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە و بەپێی هەموو
ئەوەی ئەم بیانییە لێت دەپاڕێتەوە بۆی
بەجێبهێنە، هەتا هەموو گەلانی زەوی بە ناوی
تۆ ئاشنا بن و وەك ئیسرائیلی گەلەکەی خۆت
لێت بترسن، هەروەها بۆ ئەوەی بزانن ئەم
ماڵەی کە بنیادم ناوە هەڵگری ناوی تۆیە.
٣٤«کاتێك گەلەکەت لە دژی دوژمنەکەی بۆ
جەنگ دەچێت، بۆ هەرکوێ کە دەیاننێریت،
کە نوێژیان بۆت کرد ڕووەو ئەو شارەی کە
هەڵتبژاردووە و ئەو پەرستگایەی بۆ ناوەکەت
بنیادم ناوە، ٣٥تۆ لە ئاسمانەوە گوێ لە نوێژ
و داواکارییەکانیان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە.
٣٦«کەس نییە گوناه نەکات، کاتێك گوناهت
بەرامبەر دەکەن تۆش لێیان تووڕە بوویت و
ئەوانت خستە بەردەم دوژمن، بە دیلیان گرتن
و بۆ خاکی دوژمن ڕاپێچیان کردن، دوور بێت
یان نزیك؛ ٣٧لەدوای ئەمە ئەگەر لەو خاکەی
بۆی ڕاپێچ دەکرێن هاتنەوە هۆش خۆیان،
لەو خاکەوەی کە بۆی ڕاپێچ کراون تۆبەیان
کرد و لێت پاڕانەوە، گوتیان: "گوناه و تاوان
و خراپەمان کرد؛" ٣٨ئیتر بە هەموو دڵ و
گیانیانەوە گەڕانەوە لات، لە خاکی دیلێتییان
کە بۆی ڕاپێچ کراون، هەروەها نوێژیان کرد
ڕووەو ئەو خاکەی داوتە بە باوباپیرانیان و
ئەو شارەی هەڵتبژاردووە و ئەو پەرستگایەی
بۆ ناوی تۆ بنیادم ناوە؛ ٣٩ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە
لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە گوێ لە نوێژ
و داواکارییان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە.
هەروەها لە گەلەکەت خۆشبە، لەو گوناهانەی
بەرامبەرت کردوویانە.
٤٠«ئێستاش ئەی خودایە، تکایە با چاوەکانت
کراوە و گوێیەکانت شل بن بۆ نوێژەکانی ئەم
شوێنە.

٤١ئێستا ئەی یەزدانی پەروەردگار، هەستە و وەرە
بۆ شوێنی حەوانەوەت،
خۆت و سندوقی هێزت.
ئەی خودای پەروەردگار، با کاهینەکانت
ڕاستودروستی لەبەر بکەن و
خۆشەویستانت بە چاکە شاد بن.
٤٢ئەی یەزدانی پەروەردگار، دەستنیشانکراوەکەت
ڕەت مەکەرەوە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بۆ داودی بەندەت
لەیاد بێت.»

## تەرخانکردنی پەرستگاکە

٧ کاتێك سلێمان لە نوێژکردن بووەوە، ئاگرێك لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و قوربانی سووتاندنەکە و قوربانییە سەربڕدراوەکانی دیکەشی هەڵلووشی و شکۆی یەزدان پەرستگاکەی پڕکرد. [٢]کاهینەکان نەیانتوانی بچنە ناو پەرستگای یەزدانەوە، چونکە شکۆی یەزدان پەرستگاکەی پڕکردبوو. [٣]هەموو نەوەی ئیسرائیلیش تەماشایان دەکرد، کاتێك ئاگرەکە هاتە خوارەوە و شکۆی یەزدان بەسەر پەرستگاکەوە بوو، جا لەسەر شۆستەکە بە ڕوودا کەوتن و بەچۆکدا هاتن و کڕنۆشیان برد و سوپاسی یەزدانیان کرد، گوتیان:

«بێگومان خودا چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.»

[٤]ئینجا پاشا و هەموو گەلیش قوربانییان لەبەردەم یەزدان سەربڕی. [٥]سلێمانی پاشا بیست و دوو هەزار مانگا و سەد و بیست هەزار مەڕ و بزنی کردە قوربانی. ئیتر پاشا و هەموو گەل پەرستگای خودایان تەرخان کرد. [٦]کاهینەکانیش لەسەر خزمەتەکەی خۆیان ڕاوەستابوون، هەروەها لێڤییەکانیش بە ئامێرە مۆسیقییەکانەوە کە داودی پاشا بۆ سوپاسکردنی یەزدان دروستی کردبوون بە هەمان شێوەی داود ستایشی پێ دەکردن، دەیانگوت: «خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.» کاهینەکان بەرامبەریان کەڕەنایان لێدەدا، هەموو ئیسرائیلیش ڕاوەستابوون. [٧]هەروەها سلێمان ناوەڕاستی حەوشەکەی بەردەم پیرۆزگاکەی یەزدانی تەرخان کرد و لەوێدا قوربانی سووتاندن و پیوی قوربانییەکانی[a] هاوبەشی[b] پێشکەش کرد، چونکە ئەو قوربانگا برۆنزییەی کە سلێمان دروستی کردبوو جێگای قوربانی سووتاندنەکان و دانەوێڵە پێشکەشکراوەکان و پیوی قوربانییەکان نەدەبووەوە.

[٨]لەو کاتە سلێمان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئاهەنگی بۆ جەژنەکە گێڕا، هەموو ئیسرائیلیش لەگەڵی بوون، هەموو خەڵکی نێوان دەروازەی حەمات هەتا دۆڵی میسر، کۆمەڵێکی زۆر گەورە. [٩]لە ڕۆژی هەشتەم ئاهەنگیان گێڕا، چونکە لە حەوت ڕۆژدا تەرخانکردنی قوربانگاکەیان ئەنجام دا و جەژنیش حەوت ڕۆژ بوو. [١٠]ئینجا لە بیست و سێیەمین ڕۆژی مانگی حەوت گەلی بە شادمانی و دڵخۆشییەوە بۆ ماڵەوە بەڕێکردن، بەهۆی ئەو چاکەیەی کە یەزدان لەگەڵ داود و سلێمان و ئیسرائیلی گەلی خۆی کردی.

## دەرکەوتنی یەزدان بۆ سلێمان

[١١]پاش ئەوەی سلێمان پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشای تەواو کرد، هەروەها هەموو ئەوانەشی کە بەبیریدا هات لە پەرستگای یەزدان و کۆشکەکەی خۆی بیکات تێیدا سەرکەوتوو بوو، [١٢]یەزدان لە شەودا بۆ سلێمان دەرکەوت و فەرمووی:

«گوێم لە نوێژەکەت بوو، ئەم شوێنەم هەڵبژارد تاکو ببێتە پەرستگای قوربانی بۆ من. [١٣]«کاتێك ئاسمان دادەخەم و باران نابارێت و کاتێك فەرمان بە کوللە دەکەم بەروبوومی خاکەکە بخوات یان پەتا دەنێرمە ناو گەلەکەم، [١٤]ئینجا کە گەلەکەم ئەوەی بە ناوی منەوە بانگ دەکرێت، بێفیز بوون و نوێژیان کرد و ڕوویان لە من کرد و لە ڕێگا خراپەکانیان گەڕانەوە، من لە ئاسمانەوە گوێ دەگرم و لە گوناهەکانیان خۆشدەبم و خاکەکەیان چاك دەکەمەوە. [١٥]ئێستاش چاوەکانم کراوە دەبن و گوێیەکانیشم شل دەبن بۆ نوێژی ئەم شوێنە. [١٦]ئێستاش ئەم پەرستگایەم هەڵبژاردووە و پیرۆزم کردووە بۆ ئەوەی هەتاهەتایە ناوی

---

[a] ٧ پیوی قوربانییەکانی یان بەزی قوربانییەکانی.

[b] ٧ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:‏١١-١٥.

منی تێدابێت و دڵ و چاوم هەمیشە لەوێ دەبن.

[١٧]«تۆش ئەگەر بە دڵسۆزییەوە دۆستایەتیم بکەیت وەك ئەوەی داودی باوکت کردی، هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوویت بیکەیت و فەرز و حوکمەکانم بەجێبهێنیت، [١٨]ئەوا تەختی پاشایەتییەکەت جێگیر دەکەم، هەروەك چۆن پەیمانم لەگەڵ داودی باوکت بەست و فەرمووم: "پیاو لە تۆ نابڕێت بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی ئیسرائیل."

[١٩]«بەڵام ئەگەر لاتان دا و وازتان لە فەرز و فەرمانەکانم هێنا کە پێم داون، چوون و خودای دیکەتان پەرست و کڕنۆشتان بۆ بردن، [٢٠]ئەوا لە خاکەکەم ڕیشەکێشتان دەکەم کە پێم داون و ئەم پەرستگایەش کە بۆ ناوی خۆم تەرخانم کردووە لەبەرچاوم نایهێڵم و دەیکەمە پەند و مایەی گاڵتەجاڕی لەنێو هەموو گەلان، [٢١]ئەم پەرستگا پایەبەرزەش، هەرکەسێك پێیدا تێیپەڕێت سەری سوڕدەمێنێت و دەڵێت: "بۆچی یەزدان وای لەم خاکە و لەم پەرستگایە کرد؟" [٢٢]ئینجا خەڵکی وەڵام دەدەنەوە: "لەبەر ئەوەی وازیان لە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانی خۆیان هێناوە، ئەوەی لە خاکی میسرەوە دەریهێنان و دەستیان بە خودای دیکەوە گرتووە و کڕنۆشیان بۆ بردوون و ئەوانیان پەرستووە، لەبەر ئەوە یەزدان تووشی ئەم هەموو کارەساتەی کردن."»

## چالاکی دیکەی سلێمان

٨ لە کۆتایی ئەو بیست ساڵەی کە سلێمان تێیدا پەرستگای یەزدان و کۆشکەکەی خۆی بنیاد نا، [٢]سلێمان ئەو گوندانەی بنیاد نایەوە کە حیرامی پاشا پێیدا و نەوەی ئیسرائیلی تێیاندا نیشتەجێ کرد. [٣]ئینجا سلێمان چوو بۆ حەمات چۆڤا و گرتی. [٤]هەروەها تەدمۆری لە چۆڵەوانیدا ئاوەدان کردەوە، لەگەڵ هەموو ئەو کۆگایانەی[a] کە لە حەماتدا بنیادی نابوون. [٥]ئینجا بێتحۆرۆنی سەروو و بێتحۆرۆنی خوارووی بنیاد نایەوە و کردنی بە شاری قەڵابەند بە شوورا و دەروازە و شمشیرە[b]. [٦]شارۆچکەی بەعەلاتیشی ئاوەدان کردەوە، لەگەڵ هەموو کۆگاکانی سلێمان، هەروەها ئەو شارۆچکانەی سەربازگەی گالیسکە و ئەو شارۆچکانەی سەربازگەی ئەسپ سوارەکان و هەموو ئەوەی سلێمان ئارەزووی کرد لە ئۆرشەلیم و لە لوبنان و لە هەموو خاکی ژێر دەسەڵاتی خۆی بنیادی بنێت.

[٧]هەروەها هەموو ئەو خەڵکەی پاشماوەی حیتی و ئەموری و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان بوون، کە لە نەوەی ئیسرائیل نەبوون، [٨]پاشماوەی ئەم هەموو نەتەوانەی کە نەوەی ئیسرائیل لەناویان نەبردبوون سلێمان وەك کۆیلە بێگاری بەسەردا سەپاندن، هەتا ئەمڕۆش بەسەریان سەپێنراوە. [٩]بەڵام سلێمان بۆ کارەکەی کەسی لە نەوەی ئیسرائیل نەکردە کۆیلە، چونکە ئەوان پیاوی جەنگ و ئەفسەری باڵا، ئەفسەری گالیسکە و گالیسکەسوارەکانی بوون. [١٠]ئەمانەش ئەو کاربەدەستە باڵایانەی سلێمان پاشا بوون، دوو سەد و پەنجا چاودێر لەسەر ئەو خەڵکەی کارەکەیان دەکرد.

[١١]سلێمان کچەکەی فیرعەونی لە شاری داودەوە بردە ئەو کۆشکەی کە بۆی بنیاد نا، چونکە گوتی: «ژنی من لە کۆشکی داودی پاشای ئیسرائیل دانانیشێت، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی سندوقی یەزدانی چووەتە ناو شوێنی پیرۆزن.»

[١٢]ئینجا سلێمان قوربانی سووتاندنی بۆ یەزدان سەرخستە سەر ئەو قوربانگایەی یەزدان کە لەبەردەم هەیوانەکە بنیادی نا. [١٣]قوربانی سووتاندنەکان هەریەکە و لە ڕۆژی خۆی، بەپێی فەرمانەکەی موسا، لە شەممەکان و سەرەمانگەکان و جەژنە

[a] ٤ چەند شارێکی دروستکردووە وەك مەڵبەندێکی ئەمبارکردن و دابینکردنی ئازووقە.

[b] ٥ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

دیاریکراوەکان، ساڵانە سێ جار، لە جەژنی فەتیرە و لە جەژنی هەفتەکان[a] و لە جەژنی کەپرەشینە. ١٤ئینجا بەپێی بڕیاری داودی باوکی، سلێمان بەشی کاهینەکانی بەگوێرەی خزمەتەکانیان دیاری کرد، هەروەها لێڤییەکانی لەسەر ئەرکی خۆیان دانا بۆ ستایشکردن و یارمەتیدانی کاهینەکان، هەریەکە بەگوێرەی پێداویستییەکانی ڕۆژەکەی خۆی. دەرگاوانەکانیشی لە بەشەکانی خۆیان دانا لەسەر هەموو دەرگاکان، چونکە ئەمە فەرمانەکەی داودی پیاوی خودا بوو. ١٥لە فەرمانەکانی پاشا لایان نەدا کە سەبارەت بە کاری کاهین و لێڤییەکان درابوو، هەروەها بە کاری گەنجینەکانیش.

١٦بەم شێوەیە هەموو کارەکانی سلێمان ئامادە کرا، لە ڕۆژی بناغەدانانییەوە هەتا تەواوبوونی، ئیتر پەرستگای یەزدان تەواو بوو.

١٧ئینجا سلێمان چوو بۆ عەچیۆن گەڤەر و ئێلەت لەسەر کەناری دەریا لە خاکی ئەدۆم. ١٨حیرام بەدەستی ئەفسەرە کەشتیوانە شارەزاکانی لە دەریا چەند کەشتییەکی نارد، ئەوانیش لەگەڵ خزمەتکارەکانی سلێمان چوونە ئۆفیر و لەوێوە چوار سەد و پەنجا تالنت[b] زێڕیان هەڵگرت و بۆ سلێمان پاشایان هێنا.

## سەردانی شاژنی شەبا بۆ لای سلێمان

٩ کاتێك شاژنی شەبا ناوبانگی سلێمانی بیست، هاتە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی بە چەند مەتەڵێك تاقی بکاتەوە. بە کەژاوەیەکی زۆر گەورەوە، وشتری بارکراو لە بۆنوبەرام و زێڕی زۆر و بەردی گرانبەها، هاتە لای سلێمان و لەبارەی هەموو ئەو شتانەی لە دڵی بوو قسەی لەگەڵ کرد. ٢سلێمانیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، هیچ شتێك بۆ سلێمان قورس نەبوو وەڵامی بداتەوە. ٣کاتێك شاژنی شەبا دانایی سلێمان و ئەو کۆشکەی بینی کە بنیادی نابوو، ٤هەروەها خواردنی سەر خوانەکەی، دانیشتنی دەستوپێوەندەکانی، ڕێکوپێکی خزمەتکارەکانی و جلوبەرگاکانیان، ساقییەکان و جلوبەرگەکانیان و ئەو قوربانی سووتاندنانەی کە سلێمان لە پەرستگای یەزدان دەیکرد، لە بینینی ئەمانە شەیدا بوو.

٥بە پاشای گوت: «ئەو هەواڵەی کە لە خاکەکەمدا لەبارەی کاروبار و داناییەکەت بیستم، ڕاستە. ٦بڕوام بەو هەواڵانە نەکرد هەتا نەهاتم و بە چاوی خۆم نەمبینی، ئەوەتا نیوەی داناییە زۆرەکەی تۆم پێ ڕانەگەیەنراوە، زۆر مەزنتر بوویت لەوەی لەبارەی تۆوە بیستبووم. ٧خۆزگە بە پیاوەکانت دەخوازرێ، خۆزگە بە خزمەتکارەکانت دەخوازرێ، ئەمانە کە هەمیشە لەبەردەمت ڕاوەستاون و داناییەکەت دەبیستن. ٨ستایش بۆ یەزدانی خوداکەت، ئەوەی پێت دڵشادە و لەسەر تەخت دایناویت ببیتە پاشا بۆ یەزدانی پەروەردگارت. خوداکەت لەبەر ئەوەی ئیسرائیلی خۆشویستووە و ویستی هەتاهەتایە جێگیری بکات، تۆی کردووەتە پاشا تاکو ڕاستودروستی و دادپەروەری پیادە بکەیت.»

٩ئینجا سەد و بیست تالنت[c] زێڕ و بۆنوبەرامێکی زۆر و بەردی گرانبەهای دایە پاشا، جارێکی دیکە بۆنوبەرامی بەو جۆرە زۆر نەهاتەوە، هێندەی ئەوەی شاژنی شەبا پێشکەشی سلێمان پاشای کرد.

١٠هەروەها خزمەتکارەکانی حیرام و خزمەتکارەکانی سلێمان، ئەوانەی لە ئۆفیرەوە زێڕیان هێنابوو، دار ئەلگوم و بەردی گرانبەهاشیان هێنابوو. ١١پاشا لەو دار ئەلگومانە پێپلیکانەی بۆ پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا دروستکرد، هەروەها قیسارە و سازیش بۆ گۆرانیبێژەکان، وەك ئەو دارانە پێشتر لە خاکی یەهودا نەبینرابوون.

١٢سلێمانی پاشا هەموو ئەو شتانەی دایە شاژنی شەبا کە ئارەزووی کرد، جگە لەوەی پاشا پێیدا لە بەرامبەر ئەوەی بۆی هێنابوو. پاشان لەگەڵ

[a] ١٣ جەژنی هەفتەکان، هەروەها وەك جەژنی دروێنەش ناسراوە (بڕوانە دەرچوون ١٦:٢٣) ٥٠ ڕۆژ دوای جەژنی فەتیرە بووە، کە دەکاتە حەوت هەفتە.

[b] ١٨ چوار سەد و پەنجا تالنت: نزیکەی ١٦ تەن.

[c] ٩ سەد و بیست تالنت: نزیکەی ٤ تەن.

خزمەتکارەکانی بەڕێکەوت و گەڕایەوە خاکەکەی خۆی.

## دانایی و دەوڵەمەندی سلێمان

١٣کێشی ئەو زێڕەش کە لە ساڵێکدا بۆ سلێمان دەهات، شەش سەد و شەست و شەش تالنت[a] زێڕ بوو، ١٤جگە لەو باجەی لە بازرگان و فرۆشیارەکانەوە وەردەگیرا. هەروەها هەموو پاشایانی عەرەبستان و فەرمانڕەوایانی خاکەکە زێڕ و زیویان بۆ سلێمان دەهێنا.

١٥سلێمانی پاشا دوو سەد قەڵغانی گەورەی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، شەش سەد شاقل زێڕی[b] کوتراو بۆ هەر قەڵغانێك. ١٦سێ سەد قەڵغانی بچووکیشی لە زێڕی کوتراو دروستکرد، سێ سەد شاقل زێڕ[c] بۆ هەر قەڵغانێك. ئینجا پاشا لە کۆشکی دارستانەکەی لوبنان داینان.

١٧هەروەها پاشا تەختێکی گەورەی لە عاج دروستکرد و بە زێڕی بێگەرد ڕووپۆشی کرد. ١٨تەختەکە شەش پێپلیکانەی هەبوو لەگەڵ تەختەپێیەك، هەموویان پێکەوە بەسترابوون، دوو دەسك لەم لاو لەو لایەوە لەسەر شوێنی دانیشتنەکە، دوو شێری ڕاوەستاویش لەتەنیشت دەسکەکان بوون. ١٩دوازدە شێری ڕاوەستاویش لەسەر ئەم لاو ئەو لای ئەو شەش پێپلیکانەکە هەبوو. لە هیچ پاشایەتییەك شتی وا دروستنەکرابوو. ٢٠هەموو کاسە و جامەکانی خواردنەوەی سلێمان پاشا زێڕ بوون، هەروەها هەموو قاپوقاچاغەکانی کۆشکی دارستانەکەی لوبنان لە زێڕی بێگەرد بوون، هیچ شتێك لە زیو دروستنەکرابوو، چونکە لە سەردەمی سلێمان زیو بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو.

[a] ١٣ شەش سەد و شەست و شەش تالنت: نزیکەی بیست و سێ تەن.

[b] ١٥ شەش سەد شاقل زێڕ: نزیکەی ٦,٩ کیلۆگرام.

[c] ١٦ سێ سەد شاقل زێڕ: نزیکەی ٣,٥ کیلۆگرام.

٢١کەشتیگەلی[d] پاشا لەگەڵ خزمەتکارەکانی حیرام دەڕۆیشتن و هەر سێ ساڵ جارێك دەهاتن و زێڕ و زیو و عاج و مەیمون و تاوسیان دەهێنا. ٢٢سلێمان گەورەترین پاشا بوو لەنێو پاشاکانی سەر زەوی چ لە دەوڵەمەندی و چ لە دانایی. ٢٣هەموو پاشایانی سەر زەوی بە ئاواتەوە بوون ڕووی سلێمان ببینن، هەتا گوێ لە داناییەکەی بگرن کە خودا لە دڵیدا دانابوو. ٢٤هەریەکە و ساڵ لەدوای ساڵ بە دیاری خۆیانەوە دەهاتن، لە قاپوقاچاغی زێڕ و زیو و جلوبەرگ و چەك و بۆنوبەرام و ئەسپ و هێستر.

٢٥سلێمان چوار هەزار تەویلەی ئەسپ و گالیسکە و دوازدە هەزار ئەسپی هەبوو. لە شارەکانی گالیسکەکان داینان، هەروەها هەندێکیان لەلای خۆی لە ئۆرشەلیم جێگیر کردن. ٢٦بەسەر هەموو پاشاکاندا فەرمانڕەوایی دەکرد، لە ڕووباری فوراتەوە هەتا خاکی فەلەستییەکان و سنووری میسر. ٢٧هەروەها پاشا کارێکی وای کرد کە لە ئۆرشەلیم زیو وەك بەردی لێ بێت، دار ئورزیش لە زۆری وەك دار هەنجیری زوورگەکان بێت. ٢٨ئەسپەکانی سلێمان لە میسر و هەموو وڵاتانی دیکەوە هاوردە دەکران.

## مردنی سلێمان

٢٩ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی سلێمان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە تۆمارەکانی ناتانی پێغەمبەر و لە پەیامەکەی ئاحییای شیلۆنی نووسراون، هەروەها لەو بینینانەش کە عیدۆ سەبارەت بە یارۆڤعامی کوڕی نەڤات ڕایدەگەیاند.

٣٠سلێمان چل ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی هەموو ئیسرائیلی کرد. ٣١پاشان سلێمان لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شارەکەی داودی باوکی نێژرا. ئیتر ڕەحەڤعامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

[d] ٢١ عیبری: کەشتییەکانی تەرشیش واتە جۆرە کەشتییەکی تایبەت بوون کە بۆ بازرگانی بەکاردەهێنران.

## یاخیبوونی ئیسرائیل لە دژی ڕەحەڤەعام

١٠ ڕەحەڤەعام چوو بۆ شەخەم، چونکە هەموو ئیسرائیل چووبوونە ئەوێ بۆ ئەوەی بیکەنە پاشا. [٢]یارۆڤعامی کوڕی نەڤات ئەوەی لەبەردەم سلێمان پاشا هەڵاتبوو هێشتا لە میسر بوو، بەڵام کاتێک ئەمەی بیست لە میسرەوە گەڕایەوە. [٣]پاشان بەدوایاندا نارد، ئینجا یارۆڤعام و هەموو ئیسرائیل چوونە لای ڕەحەڤەعام و پێیان گوت: [٤]«باوکت نیرەکەی ئێمەی[a] قورس کرد، بەڵام ئێستا تۆ لە ئەرکە سەختەکەی باوکت و لە نیرە قورسەکەی ئێمە سووک بکەرەوە، ئێمەش خزمەتت دەکەین.»

[٥]ڕەحەڤەعامیش وەڵامی دانەوە: «لەپاش سێ ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە لام.» گەلیش ڕۆیشتن.

[٦]ئینجا ڕەحەڤەعام پاشا ڕاوێژی بەو پیرانە کرد کە لە خزمەتی سلێمانی باوکیدا بوون کاتێک کە لە ژیاندا بوو، لێی پرسین: «تەگبیرتان چییە، چۆن وەڵامی ئەم گەلە بدەمەوە؟»

[٧]ئەوانیش قسەیان لەگەڵی کرد و گوتیان: «ئەگەر لەگەڵ ئەم گەلە چاک بیت و ڕازییان بکەیت و قسەی چاکیان لەگەڵ بکەیت، ئەوا بۆ هەمیشە دەبنە بەندەی تۆ.»

[٨]بەڵام ڕەحەڤەعام ڕاوێژی پیرەکانی پشتگوێ خست کە پێیان دا و ڕاوێژی بەو گەنجانە کرد کە لەگەڵی گەورە ببوون و خزمەتیان دەکرد. [٩]لێی پرسین: «ئێوە ڕاتان چییە؟ بە چی وەڵامی ئەم گەلە بدەینەوە، کە قسەیان لەگەڵ کردووم و گوتیان: ”ئەو نیرەی باوکت کە لەسەر ئێمەی داناوە سووکی بکەرەوە؟“»

[١٠]ئەو گەنجانەش کە لەگەڵی گەورە ببوون، وەڵامیان دایەوە: «ئەو گەلەی کە پێیان گوتی: ”باوکت نیرەکەی ئێمەی قورس کردووە، بەڵام تۆ نیرەکەمان لەسەر سووک بکە“ تۆ پێیان بڵێ: ”پەنجە تووتەم لە کەمەری باوکم ئەستوورترە. [١١]باوکم بە نیرێکی قورس باری کردوون، ئێستاش من زیاتر دەخەمە سەر نیرەکەتان، باوکم بە قامچی تەمبێی کردوون، من بە دووپشک تەمبێتان دەکەم.“»

[١٢]لە ڕۆژی سێیەم یارۆڤعام و هەموو گەل هاتنە لای ڕەحەڤەعام، هەروەک پاشا پێی گوتبوون: «لەپاش سێ ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە لام.» [١٣]پاشا بە توندی وەڵامی دانەوە، ڕاوێژی پیرەکانی پشتگوێ خست، [١٤]بەپێی ئامۆژگاری گەنجەکان قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: «باوکم نیرەکەی ئێوەی قورس کرد، منیش نیرەکەتان قورستر دەکەم. باوکم بە قامچی تەمبێی کردن، من بە دووپشک تەمبێتان دەکەم.» [١٥]پاشا گوێی لە گەل نەگرت، ئەمە بە ویستی خودا بوو، هەتا فەرمایشتەکەی بهێنێتە دی، ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی ئاحییای شیلۆنی بە یارۆڤعامی کوڕی نەڤاتی فەرمووبوو.

[١٦]کاتێک هەموو ئیسرائیل بینییان پاشا گوێی لێ نەگرتن، گەل وەڵامی پاشایان دایەوە:

«چ بەشێکمان لەگەڵ داود هەیە،
چ میراتێک لە کوڕی یەسا؟
ئەی ئیسرائیل، بگەڕێنەوە چادرەکانتان!
ئەی داود، تەماشای ماڵەکەت بکە!»

ئیتر هەموو ئیسرائیلییەکان گەڕانەوە چادرەکانیان. [١٧]بەڵام ڕەحەڤەعام هێشتا پاشایەتی دەکرد بەسەر ئەو ئیسرائیلییانەی لە شارۆچکەکانی یەهودا نیشتەجێ بوون.

[١٨]ڕەحەڤەعام پاشا ئەدۆنیرامی نارد، ئەوەی کە سەرپەرشتیاری کاری بێگاری بوو، بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردبارانیان کرد و مرد. ئیتر ڕەحەڤەعام پاشا پێڕاگەیشت کە سواری گالیسکەکەی بێت و بەرەو ئۆرشەلیم هەڵبێت. [١٩]بەو شێوەیە هەتا ئەمڕۆ ئیسرائیل لە بنەماڵەی داود یاخی بوون.

١١ کاتێک ڕەحەڤەعام گەیشتە ئۆرشەلیم، بنەماڵەی یەهودا و بنیامینی کۆکردەوە، سەد و هەشتا هەزار جەنگاوەری هەڵبژارد، هەتا لە دژی ئیسرائیل بجەنگن و پاشایەتییەکە بۆ ڕەحەڤەعام بگەڕێننەوە.

[a] ٤ مەبەستی لە بارگرانییە.

[٢]بەڵام پەیامی یەزدان بۆ شەمەعیای پیاوی خودا هات: [٣]«بە ڕەحەڤەعامی کوڕی سلێمان، پاشای یەهودا و بە هەموو نەوەی ئیسرائیل لە یەهودا و بنیامین بڵێ، [٤]”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: مەچن و لە دژی براکانتان مەجەنگن. هەریەکە و بۆ ماڵەکەی خۆی بگەڕێتەوە، چونکە ئەمە لەلایەن منەوەیە.“» ئەوانیش گوێڕایەڵی فەرمایشتی یەزدان بوون و هێرشیان نەکردە سەر یارۆڤعام و کشانەوە.

## قەڵابەند کردنەوەی شارۆچکەکانی یەهودا

[٥]ڕەحەڤەعام لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوو و لە یەهودا چەند شارێکی قەڵابەندی بنیاد نایەوە، [٦]وەك بێتلەحم، عێتام، تەقۆعە، [٧]بێتچوور، سۆخۆ، عەدولام، [٨]گەت، مارێشا، زیف، [٩]ئەدۆرەیم، لاخیش، عەزێقا، [١٠]چۆرعا، ئەیالۆن و حەبرۆن. ئەم شارە قەڵابەندانە لەناو خاکی یەهودا و بنیامین بوون. [١١]جا قەڵاکانی بەهێز کرد و فەرماندەکان و ئەمبارەکانی خواردن و زەیت و شەرابی تێیاندا دانا. [١٢]لە هەموو شارێکیش قەڵغان و ڕمی دانا و زۆر بەهێزی کردن، یەهودا و بنیامینی لەژێر دەسەڵاتی خۆی هێشتەوە.

[١٣]کاهین و لێڤییەکانیش لە هەموو سنوورەکانی خۆیانەوە لە سەرتاسەری ئیسرائیلدا هاتن و لایەنگری ئەمیان کرد. [١٤]هەروەها لێڤییەکان لەوەڕگاکانیان و موڵکەکانیان بەجێهێشت و چوون بۆ یەهودا و بۆ ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوەی یارۆڤعام و کوڕەکانی ڕەتیان کردنەوە کە کاهینیێتی بۆ یەزدان بکەن. [١٥]جا یارۆڤعام بۆ خۆی چەند کاهینێکی دانا بۆ نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان[a] و بۆ ئەو بتانەی کە لە شێوەی تەگە[b] و گوێرەکە دروستی کردن. [١٦]ئەوانەی لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل کە بە هەموو دڵ ڕوویان لە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دەکرد، دوای لێڤییەکان کەوتن و چوونە ئۆرشەلیم هەتا قوربانی بۆ یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان بکەن. [١٧]جا پاشایەتییەکەی یەهودایان بەهێز کرد و سێ ساڵ پاڵپشتی ڕەحەڤەعامی کوڕی سلێمانیان کرد، چونکە سێ ساڵ ڕێگای داود و سلێمانیان گرتەبەر.

## خێزانی ڕەحەڤەعام

[١٨]ڕەحەڤەعام ماحەلەتی کچی یەریمۆتی کوڕی داودی هێنا، کە دایکی ئەبیهەیلی کچی ئەلیابی کوڕی یەسا بوو. [١٩]ماحەلەتیش ئەم کوڕانەی بۆ خستەوە: یەعوش، شەمەریاهو و زەهەم. [٢٠]پاشان ڕەحەڤەعام مەعکای کچی ئەبشالۆمی هێنا، ئەویش ئەبیا و عەتەی و زیزا و شەلۆمیتی بۆ خستەوە. [٢١]ڕەحەڤەعام مەعکای کچی ئەبشالۆمی لە هەموو ژن و کەنیزەکانی دیکەی خۆی زیاتر خۆشدەویست، چونکە هەژدە ژن و شەست کەنیزەی هەبوو، بیست و هەشت کوڕ و شەست کچیشی بوو.

[٢٢]ڕەحەڤەعام ئەبیای کوڕی کە لە مەعکای بوو، لەنێو براکانی کرد بە میر هەتا لە جێی خۆی بیکات بە پاشا. [٢٣]جا ڕەحڤەعام بە داناییەوە کوڕەکانی بەناو هەموو ناوچەکانی یەهودا و بنیامیندا لە هەموو شارە قەڵابەندەکان بڵاو کردەوە و خواردنی زۆری پێدان و ژنی زۆریشی بۆ هێنان.

## پەلاماری شیشەق بۆ سەر ئۆرشەلیم

١٢ ئەوە بوو کە پاشایەتییەکەی ڕەحەڤەعام جێگیر و بەهێز بوو، ئەو و هەموو ئەو ئیسرائیلییانەشی[c] کە لەگەڵیدا بوون، وازیان لە فێرکردنەکانی یەزدان هێنا.

[٢]لە پێنجەمین ساڵی پاشایەتی ڕەحەڤەعام، شیشەقی پاشای میسر هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم، چونکە ناپاکییان لەگەڵ یەزدان کرد. [٣]شیشەق بە هەزار و دوو سەد گالیسکە، شەست هەزار سوار و سەربازێکی بێشوماری لیبی، سوخی و کوشی[d] کە

[a] ١٥ مەبەست لە هەموو ئەو شوێنە بەرزانەیە کە گەل قوربانی لێ دەکرد، هەرچەندە ئەو شوێنە لەلایەن یەزدانەوە هەڵنەبژێردرابوو. بڕوانە دواوتار ٥:١٢.

[b] ١٥ نێری، سابرێن.

[c] ١ واتە خەڵکی یەهودا.

[d] ٣ خەڵکی وڵاتێك کە لە سەرووی ڕووباری نیل بوو، لێرە و ٨:١٦.

لە میسرەوە لەگەڵی هاتبوون، [٤]شارە قەڵابەندەکانی
یەهودای گرت و هاتە سەر ئۆرشەلیم.
[٥]پاشان شەمەعیای پێغەمبەر هات بۆ لای
ڕەحەڤەعام و ئەو سەرکردانەی یەهودا کە لە ترسی
شیشەق لە ئۆرشەلیم کۆببوونەوە و پێی گوتن:
«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئێوە وازتان لە من هێنا،
لەبەر ئەوە منیش لەناو دەستی شیشەقدا وازم لە
ئێوە هێنا.“»
[٦]ئەو کاتە سەرکردەکانی ئیسرائیل و پاشاش خۆیان
نزم کردەوە و گوتیان: «یەزدان دادپەروەرە!»
[٧]کە یەزدان بینی خۆیان نزم کردەوە، فەرمایشتی
یەزدان بۆ شەمەعیا هات و فەرمووی: «لەبەر ئەوەی
خۆیان نزم کردەوە، لەناویان نابەم، بەڵکو خێرا
دەربازیان دەکەم و لەسەر دەستی شیشەق تووڕەییم
بەسەر ئۆرشەلیمدا نابارێنم. [٨]لەگەڵ ئەوەشدا دەبن
بە کۆیلەی ئەو هەتا جیاوازی نێوان خزمەتکردنی
من و خزمەتکردنی پاشاکانی خاکەکانی دیکە بزانن.»
[٩]کاتێک شیشەقی پاشای میسر پەلاماری ئۆرشەلیمی
دا، گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا و
هەرچی هەبوو بردی، قەڵغانە زێڕینەکانیشی برد کە
سلێمان دروستی کردبوون. [١٠]لەبەر ئەوە ڕەحەڤەعام
پاشا لە جێی ئەوانە قەڵغانی بڕۆنزی دروستکرد و دایە
دەستی سەرکردەی پاسەوانەکانی دەروازەی کۆشکی
شاهانە. [١١]هەر کاتێک پاشا بۆ پەرستگای یەزدان
دەچوو، پاسەوانەکان قەڵغانەکانیان هەڵدەگرت و
لەگەڵیدا دەچوون، پاشان دەیانگەڕاندەوە ژووری
پاسەوانەکان.
[١٢]لەبەر ئەوەی ڕەحەڤەعام خۆی نزم کردەوە،
تووڕەییەکەی یەزدان دامرکایەوە و بە تەواوی
لەناوی نەبرد، هەروەها هەندێک کاری چاکیش لە
یەهودا بەدی کراوە.
[١٣]ڕەحەڤەعام پاشا دەسەڵاتی خۆی لە ئۆرشەلیم
بەهێز کرد و بەردەوام بوو لە پاشایەتیکردنی،
تەمەنی چل و یەک ساڵ بوو کاتێک بوو بە پاشا و
حەڤدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ئەو شارەی
کە یەزدان هەڵیبژارد لەنێو هەموو هۆزەکانی
ئیسرائیلدا هەتا ناوی خۆی تێیدا دابنێت. دایکیشی
ناوی نەعمای عەمۆنی بوو. [١٤]ئەو خراپەکاری کرد،
چونکە بە هەموو دڵ ڕووی لە خودا نەکردبوو.
[١٥]ڕووداوەکانی پاشایەتی ڕەحەڤەعام لە سەرەتاوە
هەتا کۆتایی لە تۆمارەکانی شەمەعیا پێغەمبەر و لە
بینینەکانی عیدۆ دەربارەی ڕەچەڵەکەکان نووسراون.
بەردەوام جەنگ لەنێوان ڕەحەڤەعام و یارۆڤعام
هەبوو. [١٦]ئیتر ڕەحەڤەعام لەگەڵ باوباپیرانی سەری
نایەوە و لە شاری داود بە خاک سپێردرا، ئەبیای
کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئەبیا

١٣ لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتی یارۆڤعام،
ئەبیا بوو بە پاشای یەهودا. [٢]سێ ساڵ لە
ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی مەعکای کچی
ئوریێل بوو، خەڵکی گیڤعا بوو.
ئەوە بوو جەنگ لەنێوان ئەبیا و یارۆڤعام
هەڵگیرسا. [٣]ئەبیا بە سوپایەکی چوار سەد هەزار
جەنگاوەری تواناداروەوە چووە ناو جەنگەکە،
یارۆڤعامیش بەرەی بەست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی
ئەو بە هەشت سەد هەزار جەنگاوەری هەڵبژاردەوە
لە پیاوانی پاڵەوان.
[٤]ئەبیا لەسەر کێوی چەمارایم کە لە ناوچە
شاخاوییەکانی ئەفرایمە ڕاوەستا و گوتی: «یارۆڤعام
و هەموو ئیسرائیل گوێم لێ بگرن! [٥]ئایا نازانن
کە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل پاشایەتی
ئیسرائیلی بە پەیمانی نمەک[a] بە داود و نەوەکانی
داوە بۆ هەتاهەتایە؟ [٦]کەچی یارۆڤعامی کوڕی
نەڤات، خزمەتکاری سلێمانی کوڕی داود هەستا و
لە گەورەکەی یاخی بوو، [٧]جا کۆمەڵێک پیاوخراپ
و سووکوچروک لێی کۆبوونەوە و خۆیان لە
دژی ڕەحەڤەعامی کوڕی سلێمان بەهێز کرد و
ڕەحەڤەعامیش گەنجێکی پێنەگەیشتوو بوو و خۆی
لەبەردەمیاندا نەگرت.

[a] ٥ بە واتای سوێندیان بۆ یەکتر خواردووە کە ناپاکی لە یەکتری نەکەن.

٨«ئێستاش ئێوە دەڵێن کە خۆتان لەبەردەم پاشایەتی یەزداندا ڕادەگرن کە بە دەستی نەوەی داودەوەیە. ڕاستە ئێوە کۆمەڵێکی زۆرن و گوێرەکە زێڕەکانیشتان لەگەڵدایە کە یارۆڤعام کردوونی بە خوداوەندەکانتان. ٩بەڵام ئایا ئێوە کاهینەکانی یەزدان، نەوەکانی هارون و لێڤییەکانتان دەرنەکرد و وەك گەلانی خاکەکانی دیکە کاهینتان بۆ خۆتان دانەنا؟ ئەوەی بێت بۆ خۆتەرخانکردن بە جوانەگایەك[a] و حەوت بەرانەوە، دەبێت بە کاهینی ئەوانەی کە خودا نین.

١٠«بەڵام سەبارەت بە ئێمە یەزدان خودامانە و وازمان لێ نەهێناوە. ئەو کاهینانەی کە خزمەتی یەزدان دەکەن، ئەوان نەوەی هارون و لێڤییەکان یارمەتییان دەدەن. ١١هەموو بەیانییەك و ئێوارەیەك قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان دەکەن، بخووری بۆنخۆش دەسووتێنن و نانی تەرخانکراویش لەسەر مێزە زێڕە بێگەردەکە دادەنێن، چرادانە زێڕەکە و چراکانیشی هەموو ئێوارەیەك دادەگیرسێنن، چونکە ئێمە فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگاری خۆمان پاراستووە، بەڵام ئێوە وازتان لێ هێناوە. ١٢خودا لەگەڵماندایە و ئەو سەرکردەمانە. کاهینەکانی بە کەڕەنا دەستپێکی جەنگ لە دژی ئێوە ڕادەگەیەنن. جا ئەی نەوەی ئیسرائیل، لە دژی یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان مەجەنگن، چونکە سەرکەوتوو نابن.»

١٣پێشتر یارۆڤعام هێزێکی ناردبوو تاکو بسووڕێنەوە بۆ پشتی سوپای یەهودا. ئیتر کە یارۆڤعام بەرامبەر ڕیزی سوپای یەهودا بووەوە، بۆسەیەکیش لە پشتیانەوە بوو. ١٤کاتێك نەوەی یەهودا ئاوڕیان دایەوە، بینییان لەپێشەوە و لەپاشەوە ڕووبەڕووی جەنگ بوونەتەوە، ئیتر هاواریان بۆ یەزدان کرد. پاشان کاهینەکان کەڕەنایان لێدا و ١٥پیاوانی یەهودا نەعرەتەی جەنگیان کێشا. لە دەنگی نەعرەتە کێشانی جەنگیان، خودا لەبەردەم ئەبیا و پیاوانی یەهودا یارۆڤعام و هەموو ئیسرائیلی تێکشکاند. ١٦ئیتر نەوەی ئیسرائیل لەبەردەم یەهودا هەڵاتن و خودا ئەوانی دا بەدەستیانەوە. ١٧ئەبیا و سوپاکەی زیانێکی گەورەیان پێ گەیاند و پێنج سەد هەزار پیاوی هەڵبژاردە لە ئیسرائیل کوژران. ١٨لەو کاتەدا نەوەی ئیسرائیل زەلیل بوون و نەوەی یەهودا ورەیان بەرز بوو، چونکە پشتیان بە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان بەستبوو.

١٩پاش ئەوەی ئەبیا یارۆڤعامی ڕاونا و شارۆچکەکانی بێتئێل و یەشانا و عەفرۆنی لێ سەند، لەگەڵ گوندەکانیان، ٢٠یارۆڤعام چیتر لە ماوەی پاشایەتی ئەبیا بەهێز نەبووەوە و یەزدانیش لێیدا و مرد.

٢١بەڵام ئەبیا بەردەوام بەهێز بوو. چواردە ژنی هێنا و بیست و دوو کوڕ و شازدە کچی بوو.

٢٢ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەبیا، ئەوەی کردی و ئەوەی بەسەر لێویدا هات، لە پەڕتووکی لێکدانەوەی مێژووی عیدۆی پێغەمبەر تۆمار کراون.

١٤ ئەبیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شاری داود نێژرا. ئیتر ئاسای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا. لە سەردەمی پاشایەتی ئەو خاکەکە ماوەی دە ساڵ لە ئاشتیدا بوو.

## پاشایەتی ئاسا

٢ئاساش ئەوەی لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگاری خۆی باش و ڕاست بوو کردی. ٣قوربانگا نامۆکان و نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکدا، بەردە تەرخانکراوەکانی[b] شکاند، ستوونە ئەشێراکانی[c] بڕییەوە. ٤بە خەڵکی یەهودای گوت کە ڕوویان لە یەزدان بکەن، خودای باوباپیرانیان، کار بە فێرکردن و فەرمانەکانی بکەن. ٥لە هەموو شارۆچکەکانی یەهوداش نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان و قوربانگاکانی بخووری تێکدا، پاشایەتییەکە لە

[a] ٩ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

[b] ٣ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ٢١:١٦-٢٢.

[c] ٣ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ٥:١١

سایەیدا حەسایەوە. [٦]ئەو شارە قەڵابەندەکانی
یەهودای ئاوەدان کردەوە، چونکە ئاشتی لە
خاکەکەدا بەرقەرار بوو. لەو ساڵانە جەنگ ڕووی
نەدا، چونکە یەزدان پاشای حەساندەوە.
[٧]بە یەهودای گوت: «با ئەم شارۆچکانە بنیاد
بنێینەوە، با دەوریان بە شوورا و قوللە و دەروازە
و شمشیرە[a] بگرین. خاکەکە هێشتا لەژێر دەستی
ئێمەیە، چونکە ڕوومان لە یەزدانی پەروەردگارمان
کردووە؛ ڕوومان لەو کرد و ئەویش لە هەموو
لایەکەوە ئێمەی حەساندەوە.» ئیتر کاری بیناسازییان
کرد و سەرکەوتوو بوون.
[٨]ئاسا سوپایەکی سێ سەد هەزار کەسی پڕ
چەککراوی بە قەڵغانی گەورە و ڕم هەبوو لە یەهودا،
سوپایەکی دوو سەد و هەشتا هەزار کەسیشی لە
تیرهاوێژ و قەڵغان بە دەست هەبوو لە بنیامین،
هەر هەموویان پاڵەوانی بەهێز بوون.
[٩]زەرەحی کوشی سوپایەکی بێشوماری بە سێ
سەد گالیسکەوە لە دژیان جوڵاند و هەتا مارێشا
هات. [١٠]ئاساش چوو بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و
لە دۆڵی چەفیتا لەلای مارێشادا بۆ جەنگ ڕیزیان
بەست.
[١١]ئینجا ئاسا هاواری بۆ یەزدانی پەروەردگاری
خۆی کرد و گوتی: «ئەی یەزدان، کەس وەك تۆ نییە
یارمەتی لاوازەکان بدات لە دژی بە هێزەکان. ئەی
یەزدانی پەروەردگارمان یارمەتیمان بدە، چونکە ئێمە
پشتمان بە تۆ بەستووە و بە ناوی تۆوە هاتووین
بۆ شەڕ لەگەڵ ئەم سوپا زەبەلاحە. ئەی یەزدان، تۆ
خودامانیت، ڕێگا مەدە هیچ مرۆڤێك بەسەرتدا زاڵ
بێت.»
[١٢]یەزدان لەبەردەم ئاسا و یەهودا کوشییەکانی
تێکشکاند، جا کوشییەکان هەڵاتن و [١٣]ئاسا و ئەو
لەشکرەش کە لەگەڵی بوو هەتا گرار ڕاویان نان،
کوشییەکان ئەوەندە کەسیان لێ کوژرا کە نەیانتوانی
هەستنەوە، چونکە لەبەردەم یەزدان و سوپاکەی
شکان. پیاوانی یەهودا تاڵانێکی زۆریان دەست
کەوت. [١٤]پاشان هەموو گوندەکانی دەوروبەری
گراریان وێران کرد، چونکە ترسی یەزدان باڵی
بەسەریاندا کێشابوو. هەموو شارۆچکەکانیشیان
تاڵان کرد، چونکە تاڵانێکی زۆریان تێدابوو.
[١٥]هەروەها هێرشیان کردە سەر چادری شوان و
وشترەوانەکان، مەڕ و بزن و وشتری زۆریان دایە
پێش خۆیان و گەڕانەوە ئۆرشەلیم.

## چاکسازییەکانی ئاسا

١٥ عەزەریای کوڕی عۆدێد ڕۆحی خودا هاتە
سەری و [٢]ئەویش چووە بەردەم ئاسا و
پێی گوت: «ئەی ئاسا و هەموو یەهودا و بنیامین
گوێم لێ بگرن، یەزدان هەتا لەگەڵیدا بن لەگەڵتاندا
دەبێت، ئەگەر ڕووی لێ بکەن بۆتان دەردەکەوێت
بەڵام ئەگەر بەجێی بهێڵن بەجێتان دەهێڵێت.
[٣]ئیسرائیل ڕۆژانێکی زۆر بێ خودای ڕاستەقینە و
بێ کاهینی مامۆستا و بێ فێرکردن بوون. [٤]بەڵام
کە لە تەنگانەکەیاندا گەڕانەوە بۆ لای یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل و ڕوویان لەو کرد، بۆیان
دەرکەوت. [٥]لەو سەردەمەدا کەس نەیدەتوانی بێ
ترس گەشت بکات، چونکە نائارامییەکی زۆر باڵی
بەسەر هەموو دانیشتووانی خاکەکاندا کێشابوو.
[٦]ئیتر نەتەوەیەك بە نەتەوەیەکی دیکە لەناودەبردرا
و شارێك بە شارێکی دیکە، چونکە خودا بە هەموو
تەنگانەیەك هەراسانی کردبوون. [٧]بەڵام ئێوە
بەهێزبن و دەستتان شل مەکەن، چونکە پاداشت
هەیە بۆ کارەکەتان.»
[٨]کە ئاسا گوێی لەم قسانە و لە پەیامەکەی
عەزەریای کوڕی عۆدێد پێغەمبەر بوو، بەهێز بوو و
بتە قێزەونەکانی لە هەموو خاکی یەهودا و بنیامین
و ئەو شارۆچکانەی کە لە شاخەکانی ئەفرایمدا
گرتنی، ڕیشەکێش کرد. قوربانگاکەی یەزدان ئەوەی
بەردەم هەیوانەکەی پەرستگای یەزدانی نوێ
کردەوە.
[٩]ئینجا هەموو خەڵکی یەهودا و بنیامین و ئەو

[a] ٧ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

بیانییانەی کە لەگەڵیان بوون، لە ئەفرایم و مەنەشە و شیمۆن کۆی کردنەوە، چونکە لە ئیسرائیلەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوونە پاڵی کاتێك بینیبوویان یەزدانی پەروەردگاری لەگەڵیدایە.
[١٠]لە مانگی سێی پازدەیەمینساڵی پاشایەتی ئاسادا لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە و [١١]لەو ڕۆژەدا لەو دەستکەوتەی کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، حەوت سەد مانگا و حەوت هەزار مەڕیان بۆ یەزدان سەربڕی و [١٢]پەیمانێکیان بەست کە بە هەموو دڵ و بە هەموو گیانیانەوە ڕوویان لە یەزدان بکەن، خودای باوباپیرانی خۆیان، [١٣]هەموو ئەوانەی کە ڕوو لە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ناکەن، لە گەورە و بچووك و لە پیاو و لە ژن، دەکوژرێن. [١٤]ئەوانیش سوێندیان بۆ یەزدان خوارد، بە دەنگی بەرز و بە هوتاف و زوڕنا و کەڕەنا لێدان. [١٥]هەموو یەهودا بەو سوێندە دڵخۆش بوون، چونکە بە هەموو دڵیانەوە سوێندیان خوارد و بەوپەڕی ڕەزامەندییانەوە ڕوویان لە یەزدان کرد، ئەویش بۆیان دەرکەوت و یەزدان لە هەموو لایەکەوە ئەوانی حەواندەوە.
[١٦]ئاسا پاشا تەنانەت مەعکای داپیریشی لە پلەی شاژنی دایك لابرد، لەبەر ئەوەی ستوونە ئەشێرایەکی قێزەونی دروستکردبوو. ستوونەکەی بڕییەوە و وردوخاشی کرد و لە دۆڵی قدرۆن سووتاندی. [١٧]هەرچەندە نزرگەکانی سەر بەرزایی لە ئیسرائیل تێکنەدران، بەڵام دڵی ئاسا بە درێژایی ژیانی بە تەواوی لەگەڵ یەزدان بوو. [١٨]هەروەها شتە تەرخانکراوەکانی خۆی و باوکی لە زێڕ و زیو و قاپوقاچاغ هێنایە ناو پەرستگای خودا.
[١٩]هەتا ساڵی سی و پێنجەمی پاشایەتی ئاسا هیچ جەنگێکی دیکە هەڵنەگیرسا.

## دواهەمین ساڵانی ئاسا

١٦ لە سی و شەشەمین ساڵی پاشایەتی ئاسا، بەعشای پاشای ئیسرائیل هێرشی کردە سەر یەهودا و شارۆچکەی ڕامەی کردە شارێکی قەڵابەند، بۆ ئەوەی لە سنووری ئاسای پاشای یەهودا ڕێی هاتوچۆکردن بگرێت.
[٢]ئاساش زێڕ و زیوی لە گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشادا دەرهێنا و ناردی بۆ بەنهەدەدی پاشای ئارام کە لە دیمەشق دادەنیشت، گوتی: [٣]«با پەیمانێك لەنێوان من و تۆدا هەبێت وەك ئەوەی لەنێوان باوکم و باوکتدا هەبوو. من وا زێڕ و زیوم بۆ ناردوویت، ئێستا وەرە پەیمانەکەت لەگەڵ بەعشای پاشای ئیسرائیل هەڵوەشێنەوە، هەتا لەلای من بکشێتەوە.»
[٤]بەنهەدەدیش بە قسەی ئاسا پاشای کرد، سەرکردەکانی سوپاکەی ناردە سەر شارۆچکەکانی ئیسرائیل، عییۆن و دان و ئابێل مایم[a] و هەموو کۆگاکانی نەفتالی گرت. [٥]کاتێك بەعشا ئەمەی بیستەوە، دەستی لە بنیادنانی ڕامە هەڵگرت و کارەکەی بەجێهێشت. [٦]ئاسا پاشاش هەموو پیاوانی یەهودای هێنا، ئەو بەرد و دارانەی هەڵگرت کە بەعشا لە شارۆچکەی ڕامە بەکاریهێنابوون، گەڤەع و میچپای پێ ئاوەدان کردەوە.
[٧]لەو کاتەدا حەنانی پێشبینیکەر هات بۆ لای ئاسای پاشای یەهودا و پێی گوت: «سوپای پاشای ئارام لە دەستت دەرباز بوو، لەبەر ئەوەی پشتت بە پاشای ئارام بەست و پشتت بە یەزدان خودات نەبەست. [٨]ئایا کوشییەکان و لیبییەکان سوپایەکی زۆر نەبوون بە گالیسکە و ئەسپ سواری یەك جار زۆرەوە؟ بەڵام کاتێك کە پشتت بە یەزدان بەست ئەوانی دا بە دەستتەوە، [٩]چونکە چاوەکانی یەزدان چاودێرن بەسەر هەموو زەویدا، بۆ ئەوەی ئەوانەی بە هەموو دڵیانەوە لەگەڵیدان، بەهێزیان بکات. تۆ بە گێلی ڕەفتارت کرد، لە ئەمڕۆ بە دواوە هەمیشە لە جەنگدا دەبیت.»
[١٠]ئاسا لەبەر ئەمە لە پێشبینیکەرەکە تووڕە بوو؛ بە جۆرێك لێی هەڵچوو کە خستییە زیندانەوە،

[a] ٤ ئابێل مایم هەروەها بە (ئابێلی بێتمەعکا) ناسراوە. بڕوانە دووەم ساموئێل ٢٠:١٤.

هەروەها ئاسا لەو کاتەدا هەندێك کەسی لە گەلەکەی چەوساندەوە.

[١١]ڕووداوەکانی پاشایەتی ئاسا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە پەڕتووکی پاشاکانی یەهودا و ئیسرائیل تۆمار کراون.

[١٢]لە سی و نۆیەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا ئاسا پێیەکانی تووشی نەخۆشی بوون، هەتا نەخۆشییەکەی لێی پیس کرد، بەڵام لە نەخۆشییەکەشی داوای یەزدانی نەکرد، بەڵکو تەنها داوای یارمەتی لە پزیشکەکان کرد. [١٣]ئاسا لە چل و یەکەمین ساڵی پاشایەتییەکەی مرد و لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە. [١٤]لەسەر دارەمەیتێك[a] دایاننا کە پڕ بوو لە بۆنوبەرام و پێکهاتووی جۆراوجۆری بۆنخۆش بەپێی تێکەڵکردنەکەی. لەو گۆڕەی کە لە شاری داود بۆ خۆی هەڵکەندبوو ناشتیان و ئاگرێکی گەورەیان وەك ڕێزلێنان بۆ کردەوە.

## پاشایەتی یەهۆشافات

١٧ یەهۆشافاتی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا و خۆی لە بەرامبەر ئیسرائیل بەهێز کرد. [٢]لە هەموو شارە قەڵابەندەکانی یەهودا لەشکری دانا، لەناو خاکی یەهودا و لەو شارۆچکانەی خاکی ئەفرایمیش کە ئاسای باوکی گرتبووی سەربازگەی تێدا دامەزراندن.

[٣]یەزدانیش لەگەڵ یەهۆشافات بوو، چونکە ڕێچکەی داودی باپیرە گەورەی گرتەبەر و ڕووی لە بتی بەعل نەکرد، [٤]بەڵکو ڕووی لە خودای باوکی کرد و فەرمانەکانی ئەوی پەیڕەو کرد، نەك نەریتەکانی ئیسرائیل. [٥]لەبەر ئەوە یەزدان جڵەوی پاشایەتییەکەی لە دەستیدا سەقامگیر کرد و هەموو یەهودا دیارییان پێشکەش بە یەهۆشافات کرد و دەوڵەمەندی و ڕێزی زۆری هەبوو. [٦]بە هەموو دڵەوە ڕێگای یەزدانی پەیڕەو کرد و هەروەها نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان و ستوونە ئەشێراکانی لە یەهودا تێکدا.

[٧]یەهۆشافات لە سێیەم ساڵی پاشایەتییەکەی بەنحەیل، عۆبەدیا، زەکەریا، نەتەنێل و میخایوی کاربەدەستەکانی خۆی نارده شارۆچکەکانی یەهودا بۆ ئەوەی دانیشتووانەکانیان فێربکەن. [٨]ژمارەیەك لێڤییان لەگەڵ بوون، شەمەعیا، نەتەنیاهۆ، زەڤەدیا، عەساهێل، شەمیرامۆت، یەهۆناتان، ئەدۆنیا، تۆڤیاهو و تۆڤ ئەدۆنیا، هەروەها ئەلیشاماع و یەهۆرام کە هەردووکیان کاهین بوون. [٩]بەناو هەموو شارەکانی یەهودا دەگەڕان، پەڕتووکی تەوراتی یەزدانیان پێبوو و خەڵکیان فێردەکرد.

[١٠]ترسی یەزدان باڵی بەسەر هەموو پاشایەتییەکانی خاکەکانی دەوروبەری یەهودا کێشا، ئیتر لە دژی یەهۆشافات نەجەنگان. [١١]هەندێك لە فەلەستییەکانیش دیاری و زیویان وەك سەرانە بۆ یەهۆشافات هێنا، هەروەها عەرەبەکانیش مەڕوماڵاتیان بۆ هێنا، حەوت هەزار و حەوت سەد بەران و حەوت هەزار و حەوت سەد تەگە.

[١٢]هەتا دەهات یەهۆشافات مەزنتر دەبوو. لە یەهودا قەڵا و کۆگاکانی بنیاد نا، [١٣]لە شارۆچکەکانی یەهوداش ئازووقەی زۆری هەبوو، لە ئۆرشەلیم جەنگاوەری پاڵەوان و بەهێز هەبوو. [١٤]ئەمەش سەرژمێرییانە بەپێی بنەماڵەکان:

لە یەهودا، فەرماندەکانی یەکەی هەزاران:
عەدناح فەرماندە بوو و سێ سەد یەکەی پاڵەوانی بەهێزی لەگەڵ بوو؛
[١٥]لەپاش ئەو یەهۆحانان فەرماندە بوو کە دوو سەد و هەشتا یەکەی لەگەڵ بوو؛
[١٦]لەپاش ئەویش عەمەسیای کوڕی زکری بوو، کە خۆی بەخشیبوو بە یەزدان، دوو سەد یەکەی پاڵەوانی بەهێزی لەگەڵ بوو.
[١٧]لە بنیامین:
پاڵەوانی بەهێز، ئەلیاداع، دوو سەد یەکەی چەکداری بە کەوان و قەڵغانەوە لەگەڵدا بوو؛
[١٨]لەپاش ئەویش، یەهۆزاڤاد سەد و هەشتا یەکەی پیاوی پڕچەککراوی بۆ جەنگ لەگەڵ بوو.

[a] ١٤ یان دارەبازەیەك.

[١٩] ئەمانە خزمەتکارەکانی پاشا بوون، جگە لەوانەی پاشا لەناو شارە قەڵابەندەکان لە هەموو یەهودا دایانان.

## پێشبینی میخایو سەبارەت بە ئەحاڤ

١٨ یەهۆشافات دەوڵەمەندی و ڕێزێکی زۆری هەبوو، لەگەڵ ئەحاڤ ژنوژنخوازی کرد. [٢] دوای چەند ساڵێك چوو بۆ لای ئەحاڤ لە سامیرە. ئەحاڤیش مەڕ و مانگای زۆری بۆ ئەو و بۆ ئەو خەڵکەش کە لەگەڵیدا بوون سەربڕی و هانی دا پەلاماری ڕامۆتی گلعاد بدات. [٣] ئەحاڤ پاشای ئیسرائیل پرسیاری لە یەهۆشافاتی پاشای یەهودا کرد: «لەگەڵم دێیتە ڕامۆتی گلعاد؟»

یەهۆشافاتیش وەڵامی دایەوە: «خۆم وەك خۆت و گەلەکەم وەك گەلەکەت، لەگەڵتداین بۆ جەنگ.» [٤] بەڵام یەهۆشافات بە پاشای ئیسرائیلی گوت: «سەرەتا داوای ڕاوێژ لە یەزدان بکە.»

[٥] ئیتر پاشای ئیسرائیل پێغەمبەرەکانی کۆکردەوە، نزیکەی چوار سەد پیاو بوون، لێی پرسین: «ئایا بچمە ڕامۆتی گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟»

ئەوانیش گوتیان: «بڕۆ، یەزدان دەیداتە دەستی پاشا.»

[٦] بەڵام یەهۆشافات پرسیاری کرد: «هیچ پێغەمبەرێکی یەزدان لێرە نەماوە لێی بپرسین؟»

[٧] پاشای ئیسرائیلیش بە یەهۆشافاتی گوت: «پیاوێکی دیکە ماوە پرسی یەزدانی پێ بکەین، بەڵام من ڕقم لێیەتی، چونکە ئەو سەبارەت بە من پێشبینی چاك ناکات بەڵکو خراپ، ئەویش میخایوی کوڕی یەملایە.»

یەهۆشافاتیش گوتی: «با پاشا ئاوا نەڵێت.»

[٨] لەبەر ئەوە پاشای ئیسرائیل کاربەدەستێکی بانگکرد و گوتی: «بە پەلە میخایوی کوڕی یەملام بۆ بهێنە!»

[٩] لەو کاتەدا پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافاتی پاشای یەهودا جلی شاهانەیان لەبەرکردبوو و هەریەکە و لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو لەسەر جۆخینەکەی[a] لای دەروازەی سامیرە، هەموو پێغەمبەرەکانیش لەبەردەمیان پێشبینییان دەکرد. [١٠] سدقیای کوڕی کەنعەنا دوو قۆچی ئاسنی بۆ خۆی دروستکردبوو، گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بەمە ورگی ئارامییەکان دەدڕیت هەتا تەواو دەبن.“»

[١١] هەموو پێغەمبەرەکانیش بەم جۆرە پێشبینییان کرد، گوتیان: «پەلاماری ڕامۆتی گلعاد بدە و سەرکەوتوو دەبیت، یەزدان دەیداتە دەستی پاشا.»

[١٢] ئەو نێردراوەی چوو میخایو بانگ بکات قسەی لەگەڵ کرد و گوتی: «ئەوەتا قسەی هەموو پێغەمبەرەکان بە یەك دەنگ لە بەرژەوەندی پاشایە، تکایە با قسەی تۆش وەك قسەی یەکێك لەوان بێت و بە باشە قسە بکە.»

[١٣] بەڵام میخایو گوتی: «بە یەزدانی زیندوو، ئەوەی خودا پێم بفەرموێت ئەوە دەڵێم.»

[١٤] کاتێك هاتە لای پاشا، پاشا لێی پرسی: «میخایو، بچینە ڕامۆتی گلعاد بۆ جەنگ یان نا؟»

ئەویش پێی گوت: «هێرش بکەن و سەرکەوتوو بن، دەدرێتە دەستتان.»

[١٥] پاشاش پێی گوت: «چەند جار من سوێندم داویت، کە جگە لە ڕاستی بە ناوی یەزدانەوە هیچی دیکەم پێ نەڵێیت؟»

[١٦] ئینجا میخایو وەڵامی دایەوە: «هەموو ئیسرائیلم بینی لەسەر چیاکان وەك مەڕی بێ شوان پەرتەوازە ببوون، یەزدانیش فەرمووی: ”ئەوانە خاوەنیان نییە، با هەریەکە و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.“»

[١٧] پاشای ئیسرائیل بە یەهۆشافاتی گوت: «پێم نەگوتی ئەو پێشبینی چاك سەبارەت بە من ناکات، بەڵکو خراپ؟»

[١٨] میخایو گوتی: «لەبەر ئەوە گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرە، یەزدانم بینی لەسەر تەختەکەی

[a] ٩ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

دانیشتبوو، هەموو هێزەکانی ئاسمانیش لەلای ڕاست و چەپییەوە ڕاوەستابوون. [١٩]یەزدان فەرمووی: ”کێ ئەحاڤی پاشای ئیسرائیل فریودەدات هەتا هێرش بکاتە سەر ڕامۆتی گلعاد و لەوێ بمرێت؟“

«یەکێک پێشنیاری ئەمەی کرد و یەکێکی دیکە ئەوە. [٢٠]ئینجا ڕۆحێک هاتە پێشەوە و لەبەردەم یەزدان ڕاوەستا و گوتی: ”من فریوی دەدەم.“

«یەزدانیش لێی پرسی: ”بە چی؟“

[٢١]«ئەویش گوتی: ”دەچمە دەرەوە و لە دەمی هەموو پێغەمبەرەکانی دەبمە ڕۆحی درۆ.“

«یەزدانیش پێی فەرموو: ”تۆ فریوی دەدەیت و دەتوانیت، بڕۆ دەرەوە و ئەوە بکە.“

[٢٢]«ئێستاش وا یەزدان ڕۆحی درۆی خستووەتە ناو دەمی پێغەمبەرەکانتەوە. یەزدان بڕیاری دا بەڵاتان بەسەر بهێنێت.»

[٢٣]ئینجا سدقیای کوڕی کەنعەنا هاتە پێشەوە و زللەیەکی لە ڕوومەتی میخایو دا و گوتی: «لەکوێوە ڕۆحی یەزدان لە منەوە پەڕییەوە هەتا قسەت لەگەڵدا بکات؟»

[٢٤]میخایو وەڵامی دایەوە: «دەبینیت کە ئەو ڕۆژە دەچیتە ژووری دواوەی خانوو بۆ ئەوەی خۆت بشاریتەوە.»

[٢٥]ئینجا پاشای ئیسرائیل فەرمانی دا: «میخایو بەن و بیگەڕێننەوە لای ئامۆنی فەرمانڕەوای شارەکە و یۆئاشی کوڕی پاشا، [٢٦]پێیان بڵێن: ”ئەمە فەرمانی پاشایە: ئەمە بخەنە زیندانەوە و جگە لە کەمێک نان و ئاو هیچی دیکەی پێ مەدەن، هەتا هاتنەوەم بە سەلامەتی.“»

[٢٧]میخایو گوتی: «ئەگەر تۆ بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە، یەزدان لە ڕێگەی منەوە هیچی نەفەرمووە!» ئینجا گوتی: «ئەی هەموو گەل، گوێ بگرن!»

## کوشتنی ئەحاڤ لە ڕامۆتی گلعاد

[٢٨]ئیتر پاشای ئیسرائیل و یەهۆشافاتی پاشای یەهودا سەرکەوتن بۆ ڕامۆتی گلعاد. [٢٩]پاشای ئیسرائیل بە یەهۆشافاتی گوت: «من خۆم دەگۆڕم و دەچمە ناو جەنگەکە، بەڵام تۆ جلوبەرگە شاهانەکەی خۆت لەبەر بکە.» ئینجا پاشای ئیسرائیل خۆی گۆڕی و چووە ناو جەنگەکە.

[٣٠]پاشای ئارام فەرمانی بە فەرماندەی گالیسکەکانی دا و گوتی: «شەڕ لەگەڵ هیچ گەورە و بچووکێک مەکەن، جگە لە پاشای ئیسرائیل.» [٣١]کاتێک کە سەرکردەکانی گالیسکەکان یەهۆشافاتیان بینی، گوتیان: «ئەوە پاشای ئیسرائیلە.» گەڕانەوە بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵ بکەن، بەڵام یەهۆشافات هاواری کرد و یەزدانیش یارمەتی دا و ئەوانی لێ دوورخستەوە. [٣٢]کاتێک کە سەرکردەکانی گالیسکەکان بینییان ئەوە پاشای ئیسرائیل نەبوو، وازیان لە ڕاونانی هێنا.

[٣٣]پیاوێکیش بە هەڕەمەکی تیروکەوانەکەی ڕاکێشا و پاشای ئیسرائیلی لە درزی نێو بەشەکانی سپەرەکەیەوە بریندار کرد، ئەویش بە گالیسکەوانەکەی گوت: «دەستت بکێشەوە لەناو سوپاکە بمبە دەرەوە، چونکە بریندار بووم.» [٣٤]لەو ڕۆژەدا شەڕەکە زۆر سەخت بوو، هەتا ئێوارە پاشا لەناو گالیسکەکەی بەرامبەر بە ئارام ڕاگیرا، کاتی خۆر ئاوابوون مرد.

١٩ کاتێک یەهۆشافاتی پاشای یەهودا بە سەلامەتی گەڕایەوە کۆشکەکەی لە ئۆرشەلیم، [٢]یێهوی کوڕی حەنانی، ئەوەی پەیامی خودای بە پاشا ڕادەگەیاند، چووە لای و بە یەهۆشافات پاشای گوت: «ئایا دەبوو یارمەتی خراپەکار بدەیت و ئەوانەت خۆشبوێت کە ڕقیان لە یەزدانە؟ لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدانت لەسەرە. [٣]بەڵام هەندێک کاری چاکت لێ بەدی کراوە، چونکە ستوونە ئەشێراکانت لە خاکەکەدا دامالی و خۆتت تەرخان کردووە بۆ ڕوو لە خودا کردن.»

## دانانی دادوەر لە شارە قەڵابەندەکان

[٤]یەهۆشافات لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوو، دیسان لە ئۆرشەلیم هاتە دەرەوە و بەناو گەلدا گەڕا، لە بیری شابەعەوە هەتا ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم

و ئەوانی بۆ لای یەزدانی خودای باوباپیرانیان گەڕاندەوە. ٥هەروەها دادوەری لە هەموو شارە قەڵابەندەکانی یەهودا دانا و ٦بە دادوەرەکانی گوت: «ئاگاداربن ئێوە چی دەکەن، چونکە ئێوە دادوەری بۆ مرۆڤ ناکەن، بەڵکو بۆ یەزدان، ئەویش لە بڕیارداندا لەگەڵتان دەبێت. ٧ئێستاش با ترسی یەزدانتان لە دڵدا بێت و ئاگاداربن و کار بکەن، چونکە لەلای یەزدانی پەروەردگارمان ناڕەوایی و لایەنگری و بەرتیل خواردن نییە.»

٨هەروەها یەهۆشافات لە لێڤی و کاهین و گەورەی بنەماڵەکانی ئیسرائیل چەند کەسێکی لە ئۆرشەلیم دانا بۆ دادوەریکردن بەگوێرەی فێرکردنی یەزدان و بۆ ناوبژیکردنی ناکۆکییەکان، ئەوانیش لە ئۆرشەلیم دانیشتن. ٩فەرمانی پێ کردن و گوتی: «ئاوا کار دەکەن، بە لەخواترسی و بە دڵسۆزی و بە دڵێکی تەواوەوە. ١٠هەر داوایەك کە برایانی دانیشتووی شارەکانتان دەیهێننە لاتان، پەیوەست بێت بە خوێنڕشتن یان بە فێرکردنەکان سەبارەت بە فەرمان و حوکمەکان، ئەوا ئاگاداریان بکەنەوە لە دژی یەزدان تاوان نەکەن، نەوەك تووڕەیی یەزدان بێتە سەر خۆتان و گەلەکەتان. ئەگەر بەم شێوەیە بکەن، تاوان ناکەن.

١١«ئەمەریای سەرۆك کاهین لە هەموو کاروبارەکانی یەزدان سەرپەرشتیتان دەکات، زەڤەدیای کوڕی ئیسماعیلیش سەرۆکی هۆزی یەهودایە و لە هەموو کاروبارەکانی پاشا سەرپەرشتیتان دەکات و لێڤییەکانیش وەکو کاربەدەست یارمەتیدەرتان دەبن. ئازابن و دەستبەکار بن، با یەزدانیش لەگەڵ چاکەکاران بێت.»

## بەزاندنی مۆئاب و عەمۆن

٢٠ پاش ئەوەی مۆئابی و عەمۆنییەکان کە هەندێك مەعونیشیان لەگەڵ بوو، هاتن بۆ ئەوەی لە دژی یەهۆشافات بجەنگن.

٢کەسانێك هاتن و بە یەهۆشافاتیان ڕاگەیاند و گوتیان: «سوپایەکی زۆر گەورە لەوبەری دەریای مردووەوە[a] لە ئەدۆمەوە بەڕێکەوتوون بێنە سەرت، وا لە حەچەچۆن تامارن کە کانی گەدییە.» ٣یەهۆشافاتیش ترسا و بڕیاری دا پرسیار لە یەزدان بکات، ئیتر لە هەموو یەهودا ڕۆژووی ڕاگەیاند. ٤خەڵکی یەهودا کۆبوونەوە بۆ نزا و داواکردنی یارمەتی لە یەزدان، هەروەها لە هەموو شارۆچکەکانی یەهوداوە هاتن هەتا ڕوو لە یەزدان بکەن.

٥ئینجا یەهۆشافات لەنێو کۆمەڵی یەهودا و ئۆرشەلیم لە پەرستگای یەزدان بەرامبەر بە حەوشە نوێیەکە وەستا و ٦گوتی:

> «ئەی یەزدان، خودای باوباپیرانمان، ئایا تۆ ئەو خودایە نیت کە لە ئاسمانە؟ تۆ فەرمانڕەوای هەموو پاشایەتی نەتەوەکانیت. هێز و توانا لە دەستی تۆدایە و کەس نییە خۆی لەبەردەمت ڕابگرێت. ٧ئەی خودامان، ئایا تۆ نەبوویت کە دانیشتووانی ئەم خاکەت لەبەردەم ئیسرائیلی گەلت وەدەرنا و هەتاهەتایە بە وەچەی ئیبراهیمی دۆستی خۆتت دا؟ ٨تێیدا نیشتەجێ بوون و لەناویدا پیرۆزگایەکیان بۆ ناوت بنیاد نا و گوتیان: ٩”ئەگەر خراپە بێتە سەرمان، شمشێر و حوکم بەسەردادان و پەتا و قاتوقڕی، لەبەردەم ئەم پەرستگایە و لەبەردەمت ڕادەوەستین، چونکە ئەم پەرستگایە کە هەڵگری ناوی تۆیە و لە تەنگانەماندا هاوارت بۆ دەکەین و گوێت لێ دەبێت و ڕزگارمان دەکەیت.“
>
> ١٠«ئێستاش تەماشا بکە، سوپاکانی عەمۆن و مۆئاب و کێوی سێعیر، ئەوانەی ڕێگات بە ئیسرائیل نەدا پەلاماریان بدەن کاتێك لە خاکی میسرەوە هاتن. ئیتر ئیسرائیلیش خۆی لێیان لادا و لەناویان نەبردن. ١١ببینە، چۆن ئێستا ئەوان بە خراپە پاداشتمان دەدەنەوە، لەو موڵکە دەرماندەکەن کە تۆ بە میرات پێتداین.

[a] ٢ دەریای مردووەوە: عیبری دەریاوە.

[١٢]ئەی خودای ئێمە، ئایا حوکمیان بەسەردا نادەیت؟ چونکە ئێمە توانامان نییە بەرامبەر ئەو سوپا زۆر گەورەیەی پەلامارمان دەدەن و ئێمە نازانین چی بکەین بەڵام چاومان لە تۆیە.»

[١٣]هەموو پیاوانی یەهوداش لەبەردەم یەزدان ڕاوەستابوون، هەروەها ژن و منداڵ و کوڕەکانیشیان.
[١٤]ئینجا لەنێو کۆمەڵەکە ڕۆحی یەزدان هاتە سەر یەحەزیێلی کوڕی زەکەریای کوڕی بەنایای کوڕی یەعیێلی کوڕی مەتەنیای لێڤی لە نەوەی ئاساف.
[١٥]گوتی: «ئەی هەموو یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم و یەهۆشافاتی پاشا گوێ بگرن! یەزدان بەم جۆرە بە ئێوە دەفەرموێت: ”مەترسن و وره بەرمەدەن لەبەردەم ئەو سوپا زۆرە، چونکە جەنگەکە هی ئێوە نییە بەڵکو هی خودایە. [١٦]سبەینێ دابەزنە سەریان، ئەوان وا لە هەورازەکەی چیچ سەردەکەون، لەوپەڕی دەربەندەکە لە بەرامبەر چۆڵەوانی یەروئێل دەیاندۆزنەوە. [١٧]پێویست ناکات لەم شەڕە بجەنگن. ئەی یەهودا و ئۆرشەلیم، ڕاوەستن و مەجوڵێن و تەماشا بکەن چۆن یەزدان ڕزگارتان دەکات. مەترسن و وره بەرمەدەن، سبەینێ بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بچن و یەزدان لەگەڵتان دەبێت.“»
[١٨]یەهۆشافات کڕنۆشی برد و سەری خستە سەر زەوی، هەموو یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمیش لەبەردەم یەزدان لەسەر ڕوو کەوتن و کڕنۆشیان برد. [١٩]ئینجا لێڤییەکان لە نەوەی قەهاتی و قۆرەحییەکان هەستانەوە بۆ ستایشکردنی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بە دەنگێکی زۆر بەرز.
[٢٠]بەیانی زوو لە خەو هەستان و چوون بۆ چۆڵەوانی تەقۆعە، لە کاتی بەڕێکەوتنیان یەهۆشافات ڕاوەستا و گوتی: «ئەی خەڵکی یەهودا و ئۆرشەلیم، گوێم لێ بگرن! بڕواتان بە یەزدانی پەروەردگارتان هەبێت، دڵنیابن و بڕواتان بە پێغەمبەرەکانی هەبێت سەرکەوتوو دەبن.» [٢١]لەدوای ئەوەی یەهۆشافات ڕاوێژی بە گەل کرد، گۆرانیبێژی دانا بۆ ئەوەی ستایشی یەزدان بکەن بۆ شکۆی پیرۆزی، کاتێک لەپێش سوپاکە دەڕۆن بڵێن:

«سوپاسی یەزدان بکەن،
چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی
هەتاهەتاییە.»

[٢٢]کاتێک دەستیان بە گۆرانی و ستایش کرد، یەزدان چەند بۆسەیەکی بۆ عەمۆنی و مۆئابییەکان و خەڵکی کێوی سێعیر نایەوە کە هاتبوون بۆ پەلاماردانی یەهودا، ئیتر شکان. [٢٣]عەمۆنی و مۆئابییەکان هەڵیانکوتایە سەر دانیشتووانی کێوی سێعیر هەتا قڕیان بکەن و لەناویان ببەن، کە لە دانیشتووانی سێعیر بوونەوە، بەربوونە یەکتری و یەکترییان لەناوبرد.
[٢٤]کاتێک پیاوانی یەهودا گەیشتنە شوێنی چاودێریکردن لە چۆڵەوانی، تەماشای ئاپۆڕەی سوپاکەیان کرد هەموو لاشەن و لەسەر زەوییەکە کەوتوون و کەس دەرباز نەبووە. [٢٥]ئیتر یەهۆشافات و گەلەکەی هاتن بۆ تاڵانکردنی دەستکەوتەکان، جا شتومەک و جلوبەرگ و کەلوپەلی گرانبەهای زۆریان دۆزییەوە، بەڵام هێندە زۆر بوو کە نەیانتوانی باریان بکەن. سێ ڕۆژ خەریکی تاڵان بردن بوون. [٢٦]لە ڕۆژی چوارەم لە دۆڵی بەراخا کۆبوونەوە، لەوێش ستایشی یەزدانیان کرد، لەبەر ئەوە شوێنەکەیان ناونا دۆڵی بەراخا[a] کە هەتا ئەمڕۆش بەو ناوەوە ناودەبردرێت.
[٢٧]ئینجا هەموو پیاوانی یەهودا و ئۆرشەلیم بە ڕابەرایەتی یەهۆشافات بە خۆشییەوە گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم، چونکە یەزدان بە دوژمنەکانیان خۆشی کردن. [٢٨]بە قیسارە و ساز و کەڕەناوە چوونە ناو ئۆرشەلیمەوە بۆ پەرستگای یەزدان.
[٢٩]بەو شێوەیە ترسی یەزدان لە هەموو پاشایەتی خاکەکانی دیکە نیشت، کاتێک کە بیستیانەوە یەزدان شەڕی لەگەڵ دوژمنەکانی ئیسرائیلدا کردووە. [٣٠]ئیتر ئاشتی لەنێو پاشایەتییەکەی یەهۆشافات بەرقەرار بوو، خودا لە هەموو لایەکەوە حەساندییەوە.

---

[a] ٢٦ بەراخا واتە ستایش.

## کۆتایی پاشایەتی یەهۆشافات

[٣١]یەهۆشافات بەم شێوەیە پاشایەتی یەهودای کرد. لە تەمەنی سی و پێنجساڵی بوو بە پاشای یەهودا، بیست و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی عەزوڤای کچی شیلحی بوو. [٣٢]ڕێچکەی ئاسای باوکی گرتەبەر و لێی لانەدا، ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاستە کردی. [٣٣]بەڵام هێشتا نزرگەکانی سەر بەرزایی تێکنەدران و گەل هێشتا بە تەواوی دڵیان بە خودای باوباپیرانیان نەدابوو.

[٣٤]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆشافات لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی یێهوی کوڕی حەنانی تۆمار کراون، ئەوەی لە پەڕتووکی پاشاکانی ئیسرائیل تۆمار کراون.

[٣٥]پاش ئەمانە یەهۆشافاتی پاشای یەهودا لەگەڵ ئەحەزیای پاشای ئیسرائیلدا کە خراپەکار بوو هاوپەیمانییەتی بەست، [٣٦]ئینجا یەکیانگرت لە دروستکردنی کەشتی بازرگانی، لە عەچیۆن گەڤەر چەند کەشتیگەلێکیان دروستکرد. [٣٧]بەڵام ئەلیعەزەری کوڕی دۆداڤاهو کە خەڵکی مارێشا بوو لەسەر یەهۆشافات پێشبینی کرد و گوتی: «لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەحەزیا هاوپەیمانییەتیت بەست، ئەوەی ئێوە دروستتان کرد یەزدان تێکیدەشکێنێت.» ئیتر کەشتییەکان شکان و نەیانتوانی گەشتی بازرگانی بکەن.

٢١ ئیتر یەهۆشافات لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە، لە شاری داود لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا. یەهۆرامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا. [٢]یەهۆرامی کوڕی یەهۆشافات چەند برایەکی هەبوو، عەزەریا، یەحیێل، زەکەریا، عەزەریاهو، میکائیل و شەفەتیا، هەموو ئەمانە کوڕی یەهۆشافاتی پاشای ئیسرائیل[a] بوون. [٣]باوکیان لە زێڕ و زیو و شتی گرانبەها زۆری پێدابوون، لەگەڵ شارە قەڵابەندەکان لە یەهودا، بەڵام پاشایەتییەکەی بە یەهۆرام دا، چونکە نۆبەرە بوو.

## پاشایەتی یەهۆرام

[٤]کاتێك یەهۆرام جڵەوی پاشایەتییەکەی باوکی گرتە دەست و بەهێز بوو، هەموو براکانی و هەندێك لە میرەکانی ئیسرائیلی بە شمشێر کوشت. [٥]یەهۆرام تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو کاتێك بوو بە پاشا، هەشت ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد و [٦]هەمان ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیل و بنەماڵەی ئەحاڤی گرتەبەر، چونکە کچەکەی ئەحاڤ ژنی بوو، لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد. [٧]لەگەڵ ئەوەش یەزدان نەیویست بنەماڵەی داود لەناوببات، لەبەر ئەو پەیمانەی لەگەڵ داود بەستبووی، هەروەك پێی فەرموو بۆ هەتاهەتایە چرایەك دەداتە خۆی و نەوەکانی.

[٨]لە سەردەمی پاشایەتی یەهۆرام، ئەدۆم لە یەهودا یاخی بوو، پاشایەکیان بۆ خۆیان دانا. [٩]ئیتر یەهۆرام لەگەڵ سەرکردەکانی و هەموو گالیسکەکانی پەڕییەوە. لەوێ ئەدۆمییەکان ئابڵوقەیان دان، بەڵام شەو خۆی و سەرکردەی گالیسکەکانی هەستان و ئابڵوقەکەیان شکاند و دەرباز بوون. [١٠]هەتا ئێستاش ئەدۆم لە یەهودا یاخییە.

هەر لەو کاتەدا لیڤناش یاخی بوو، چونکە یەهۆرام وازی لە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانی خۆی هێنابوو. [١١]هەروەها ئەو نزرگەکانی سەر بەرزایی لە چیاکانی یەهودا دروستکرد و وای لە دانیشتووانی ئۆرشەلیم کرد داوێنپیسی بکەن و یەهودای گومڕا کرد.

[١٢]یەهۆرام نامەیەکی لەلایەن ئەلیاس پێغەمبەرەوە وەرگرت کە تێیدا نووسرابوو:

> «یەزدانی پەروەردگاری داودی باوکت ئەمە دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی تۆ ڕێچکەی یەهۆشافاتی باوکت و ئاسای پاشای یەهودات نەگرتەبەر، [١٣]بەڵکو ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیلت گرتەبەر و وات لە یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم کرد وەك ماڵی ئەحاڤ داوێنپیسی بکەن، هەروەها براکانی خۆتت

[a] ٢ واتە یەهودا.

کوشت، ئەوانەی ماڵی باوکت کە لە تۆ باشتر بوون. [١٤]ئەوەتا یەزدان گورزێکی جەرگ بڕ لە گەلەکەت، کوڕەکانت، ژنەکانت و هەموو ئەوەی هەتە دەوەشێنێت، [١٥]خۆشت تووشی نەخۆشییەکی ڕیخۆڵە دەبیت کە سەخت و درێژخایەن دەبێت، هەتا ڕیخۆڵەکانت لە لەشت دێنە دەرەوە.”»

[١٦]ئینجا یەزدان ڕۆحی فەلەستییەکان و عەرەبەکانی لای کوشییەکانی لە یەهۆرام وروژاند و [١٧]پەلاماری یەهودایان دا و داگیریان کرد و هەرچی لە کۆشکی پاشادا هەبوو لەگەڵ کوڕەکانی و ژنەکانیدا بردیان و هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە ئەحەزیای کوڕە بچکۆلەی.

[١٨]پاش هەموو ئەمانەش یەزدان یەهۆرامی تووشی نەخۆشی ڕیخۆڵە کرد و چارەسەریشی نەبوو. [١٩]نەخۆشییەکە بۆ ماوەیەك بەردەوام بوو هەتا لەدوای دوو ساڵ ڕیخۆڵەکانی هاتنە دەرەوە و بە ئازاری زۆرەوە مرد، گەلەکەشی ئاگرێکی وەك ئاگری[a] باوباپیرانیان بۆ نەکردەوە.

[٢٠]یەهۆرام لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا بوو بە پاشا و هەشت ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد و کە ڕۆیشت کەس بۆی بە داخ نەبوو و لە شاری داود ناشتیان، نەك لە گۆڕستانی پاشاکاندا.

## پاشایەتی ئەحەزیا

٢٢ دانیشتووانی ئۆرشەلیم ئەحەزیای بچووکترین کوڕی یەهۆرامیان لە جێی ئەو کردە پاشا، چونکە هەموو ئەوانی پێش ئەم بە دەستی چەتەکان کوژران، ئەوانەی لەگەڵ عەرەبەکاندا هاتنە ناو ئۆردوگاکەوە. لەبەر ئەوە ئەحەزیای کوڕی یەهۆرامی پاشای یەهودا بوو بە پاشا.

[٢]ئەحەزیا گەنجێکی بیست و دوو ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یەك ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکی ناوی عەتەلیای کچەزای عۆمری بوو.

[٣]ئەحەزیا ڕێچکەی بنەماڵەی ئەحاڤی گرتەبەر، چونکە دایکی هانی دەدا کاری خراپە بکات. [٤]ئەویش هەروەك بنەماڵەی ئەحاڤ لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، چونکە لەدوای مردنی باوکی ئەوان ڕاوێژکاری بوون و بوونە هۆی لەناوبردنی. [٥]هەروەها بە ڕاوێژی ئەوانی کرد و لەگەڵ یۆرامی کوڕی ئەحاڤی پاشای ئیسرائیلدا چووە جەنگ لە دژی حەزائێلی پاشای ئارام لە ڕامۆتی گلعاد. ئارامییەکان یۆرامیان پێکا، [٦]لەبەر ئەوە گەڕایەوە یەزرەعیل هەتا لەوێ لەو برینانەی چاك بێتەوە کە لە ڕامۆت[b] لە کاتی شەڕکردنی لە دژی حەزائێلی پاشای ئارام پێکرابوو.

لەدوای ئەوە ئەحەزیای کوڕی یەهۆرامی پاشای یەهوداش چوو بۆ یەزرەعیل هەتا چاوی بە یۆرامی کوڕی ئەحاڤ بکەوێت، چونکە نەخۆش بوو.

[٧]جا لەناوچوونی ئەحەزیا لەلای خوداوە بوو بە هاتنی بۆ لای یۆرام. کاتێك کە هات لەگەڵ یۆرامدا چوون بۆ لای یێهوی کوڕی نیمشی، ئەوەی یەزدان بۆ بنبڕکردنی ماڵی ئەحاڤ دەستنیشانی کرد. [٨]ئەوە بوو کاتێك یێهو سزای دادوەرانەی بەسەر ماڵی ئەحاڤدا دەدا، تووشی بوو بە تووش سەرکردەکانی یەهودا و برازاکانی ئەحەزیاوە ئەوانەی خزمەتی ئەحەزیایان دەکرد و کوشتنی. [٩]ئینجا بەدوای ئەحەزیادا گەڕا و لە سامیرە پیاوەکانی دەستگیریان کرد، کە خۆی شاردبووەوە، هێنایان بۆ لای یێهو و کوشتیان و ناشتیان، چونکە گوتیان: «ئەو لە نەوەی یەهۆشافاتە ئەوەی بە هەموو دڵییەوە ڕووی لە یەزدان کرد.» ئیتر کەس لە ماڵی ئەحەزیادا نەبوو توانای پاشایەتییەکەی هەبێت.

## عەتەلیا و یۆئاش

[١٠]کاتێك عەتەلیای دایکی ئەحەزیاش کە بینی کوڕەکەی مردووە، هەستا و هەموو ڕەچەڵەکی

---

[a] ١٩ بڕوانە ١٤:١٦

[b] ٦ ڕامۆت: عیبری: راما.

شاهانەی بنەماڵەی یەهودای لەناوبرد. [١١]بەڵام یەهۆشەڤەعی کچی یەهۆرام پاشا، پێش کوشتنی شازادەکان یۆئاشی کوڕی ئەحەزیای برد و ڕفاندی و لەگەڵ دایەنەکەی لە ژووری نوستن داینا. یەهۆشەڤەعی کچی یەهۆرامی پاشا ژنی یەهۆیاداعی کاهین بوو، هەروەها خوشکی ئەحەزیا بوو، ئیتر برازاکەی لە عەتەلیا شاردەوە هەتا نەتوانێ بیکوژێت. [١٢]ماوەی شەش ساڵ لەگەڵیاندا بە نهێنی لە پەرستگای خودا مایەوە، عەتەلیاش شاژنی خاکەکە بوو.

٢٣ لە ساڵی حەوتەم یەهۆیاداع خۆی بەهێز کرد و پەیمانی بەست لەگەڵ فەرماندەی یەکەی سەدان، عەزەریای کوڕی یەرۆحام و ئیسماعیلی کوڕی یەهۆحانان و عەزەریای کوڕی عوبێد و مەعسێیاهوی کوڕی عەدایا و ئەلیشافاتی کوڕی زکری. [٢]ئەوانیش بەناو یەهودا گەڕان و لێڤییەکانیان لە هەموو شارۆچکەکانی یەهودا کۆکردەوە، لەگەڵ گەورەی بنەماڵەکانی ئیسرائیل و هاتن بۆ ئۆرشەلیم. [٣]ئینجا هەموو کۆمەڵەکە لەناو پەرستگای خودا پەیمانێکیان لەگەڵ پاشادا بەست.

یەهۆیاداع پێی گوتن: «کوڕەکەی پاشا دەبێت بە پاشا هەروەك چۆن یەزدان لەبارەی نەوەی داودەوە فەرمووی. [٤]ئەمە ئەو کارەیە کە ئێوە دەیکەن، سێیەکی ئێوە لە کاهین و لێڤییەکان کاتێك لە شەممەکاندا دەچنە ژوورەوە، با دەرگاوانی دەرگاکان بن، [٥]سێیەکیش لە کۆشکی پاشا و سێیەکیش لە دەروازەی بناغەکە، هەموو گەلیش لە حەوشەکانی پەرستگای یەزدان دەبن. [٦]جگە لەو کاهین و لێڤییانەی کە نۆرەی بەشەکانیانە بۆ خزمەت، با کەس نەچێتە ناو پەرستگای یەزدان، چونکە ئەوان تەرخانکراون و با هەموو گەلیش فەرمانەکانی یەزدان بەجێبگەیەنن. [٧]لێڤییەکان با چواردەوری پاشا بگرن، هەرکەسە و چەکەکەی لە دەست بێت، ئەوەی بێتە پەرستگاکەوە دەکوژرێت، لەگەڵ پاشا بن بۆ هەرکوێیەك بچێت.»

[٨]پاش ئەوە لێڤییەکان و هەموو یەهودا ئەوەیان کرد کە یەهۆیاداعی کاهین فەرمانی پێ کردن. هەر یەکێك پیاوەکانی خۆی برد و هاتنە لای یەهۆیاداعی کاهین، ئەوانەی لە ڕۆژی شەممە لەسەر ئەرکەکانیانن و ئەوانەی لەسەر ئەرك نین، چونکە یەهویاداعی کاهین کەسی بەڕێ نەکرد. [٩]هەروەها یەهۆیاداع ڕمەکان و قەڵغانە گەورە و بچووکەکانی داودی پاشا، ئەوانەی کە لە پەرستگای خودا بوون دایە فەرماندەی یەکەی سەدان و [١٠]هەموو پاسەوانەکانی، هەریەکە چەکەکەی بە دەستیەوە لەلای باشووری پەرستگاکەوە هەتا لای باکوور بە چواردەوری قوربانگاکە و پەرستگاکەدا، لە دەوری پاشا ڕاوەستاند.

[١١]ئەو کاتە کوڕەکەی پاشایان هێنایە دەرەوە و تاجەکەیان لەسەر سەری دانا، وێنەیەکی پەیمانەکەیان دایێ و کردیانە پاشا، یەهۆیاداع و کوڕەکانیشی دەستنیشانیان کرد و گوتیان: «بژی پاشا.»

[١٢]کاتێك عەتەلیا گوێی لە دەنگی گەل بوو ڕادەکەن و ستایشی پاشا دەکەن، هاتە لای گەل کە لە پەرستگای یەزدان بوون، [١٣]تەماشای کرد وا پاشا لە دەروازەکەدا لەلای کۆڵەکەکەی ڕاوەستاوە، سەرکردەکان و کەڕەنا لێدەرەکان لەلای پاشان، هەموو گەلی خاکەکە دڵخۆشن و کەڕەنا لێ دەدەن. گۆرانیبێژەکان بە ئامێرەکانی مۆسیقا سەرپەرشتی ستایشکردنیان دەکرد. ئینجا عەتەلیا جلەکانی لەبەرخۆی دادڕی و گوتی: «ناپاکییە! ناپاکییە!»

[١٤]یەهۆیاداعی کاهینیش فەرماندەی یەکەی سەدان و ئەفسەرانی لەشکری نارد و پێی گوتن: «بیبەنە دەرەوەی ڕیزەکان و ئەوەش کە بەدوای کەوت بە شمشێر بیکوژن.» چونکە پێشتر کاهینەکە گوتبووی، «لەناو پەرستگای یەزدان مەیکوژن.» [١٥]ئیتر کە گەیشتە شوێنی هاتنە ژوورەوەی کۆشکی پاشا گرتیان و لەوێ لەلای دەروازەی ئەسپەکان کوشتیان.

[١٦]یەهۆیاداعیش پەیمانی لەنێوان خۆی و هەموو گەل و پاشادا بەست، هەتا ببنە گەلی یەزدان. [١٧]هەموو گەل هاتنە ناو پەرستگای بەعل و تێکیاندا

و قوربانگا و بتەکانیان شکاند، مەتانی کاهینی بەعلیان لەبەردەم قوربانگاکان کوشت.

١٨ ئینجا یەهۆیاداع چاودێریکردنی پەرستگای یەزدانی دایە دەست کاهینە لێڤییەکان، ئەوانەی داود لە پەرستگای یەزداندا دابەشی کردن بۆ سەرخستنی قوربانی سووتاندنەکانی یەزدان، هەروەک لە تەوراتی موسادا نووسراوە، بە خۆشی و گۆرانییەوە لەسەر دەستی داود. ١٩ هەروەها دەرگاوانی بۆ دەرگاکانی پەرستگای یەزدان دانا بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن بە هیچ کەسێک کە گڵاو بووبێت بە شتێک، بێتە ژوورەوە.

٢٠ پاشان فەرماندەی سەدان و شازادەکان و دەسەڵاتداران بەسەر گەل و هەموو گەلی خاکەکەی برد و پاشای لە پەرستگای یەزدانەوە هێنایە خوارەوە و بەناو دەروازەی سەرەوەدا چوونە ژوورەوە بۆ کۆشکی پاشا و پاشایان لەسەر تەختی پاشایەتییەکە دانا. ٢١ هەموو گەلی خاکەکەش دڵخۆش بوون و شارەکە حەوایەوە، عەتەلیاشیان بە شمشێر کوشت.

## نۆژەنکردنەوەی پەرستگا

٢٤ یۆئاش کە بوو بە پاشا، کوڕێکی حەوت ساڵان بوو، چل ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکی ناوی چیڤیا بوو، خەڵکی بیری شابەع بوو. ٢ یۆئاش لەبەرچاوی یەزدان ئەوەی ڕاست بوو کردی لە ماوەی کاهینێتی یەهۆیاداع. ٣ یەهۆیاداع دوو ژنی بۆ یۆئاش هێنا و کوڕ و کچی بوو.

٤ دوای ماوەیەک یۆئاش بڕیاری دا کە پەرستگای یەزدان نۆژەن بکاتەوە. ٥ کاهینە لێڤییەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن: «بڕۆن بۆ شارۆچکەکانی یەهودا و لە هەموو ئیسرائیل ئەو زیوە کۆبکەنەوە کە ساڵانە بۆ چاککردنەوەی پەرستگای خوداتان دەدرێت. ئێوە لەم کارە بە پەلە بن.» بەڵام لێڤییەکان پەلەیان نەکرد.

٦ لەبەر ئەوە پاشا یەهۆیاداعی سەرۆکی کاهینی بانگکرد و پێی گوت: «بۆچی داوات لە لێڤییەکان نەکردووە هەتا لە یەهودا و ئۆرشەلیمەوە باجەکەی موسای بەندەی یەزدان و کۆمەڵی ئیسرائیل بۆ چادری پەیمان بهێنن؟»

٧ ئەوە بوو کوڕەکانی عەتەلیای خراپەکار پەرستگای خودایان تاڵان کردبوو، هەروەها هەموو شتە پیرۆزکراوەکانی پەرستگای یەزدانیان کردبووە هی بەعلەکان.

٨ پاشا فەرمانی دا و سندوقێکیان دروستکرد، لەلای دەروازەی پەرستگای یەزدان بۆ دەرەوە دایاننا. ٩ بەناو یەهودا و ئۆرشەلیمدا بانگەوازیان کرد کە باجەکەی موسای بەندەی خودا ئەوەی لە چۆڵەوانی لەسەر ئیسرائیل دانرابوو، بۆ یەزدانی بهێنن. ١٠ هەموو سەرکردەکان و هەموو گەل بە خۆشی و شادمانییەوە باجەکانی خۆیان هێنا و خستیانە ناو سندوقەکە، هەتا پڕ بوو. ١١ کاتێک لێڤییەکان سندوقەکەیان دەهێنا بۆ لای کاربەدەستانی پاشا و ئەوانیش دەیانبینی زیوەکە زۆر بووە، خامەی نهێنی[a] پاشا و بریکاری سەرۆکی کاهینیش دەهاتن و سندوقەکەیان بەتاڵ دەکرد و دەیانبردەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، بەردەوام بەو جۆرەیان دەکرد، تاکو زیوێکی زۆریان کۆکردەوە. ١٢ پاشا و یەهۆیاداع دایانە ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستان، خزمەتکارانی پەرستگای یەزدان، ئەوانیش نەقاڕ و دارتاش و ئاسنگەر و بڕۆنزگەریان بەکرێ دەگرت بۆ نۆژەنکردنەوە و نوێکردنەوەی پەرستگای یەزدان.

١٣ ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستان کارەکەیان کرد، کارەکە لە دەستیان سەرکەوتوو بوو، پەرستگای خودایان لەسەر شێوەی یەکەمجاری بنیاد نایەوە و تۆکمەیان کرد. ١٤ کاتێک تەواو بوون، ئەوەی لە زیوەکە مابووەوە هێنایانە بەردەم پاشا و یەهۆیاداع، جا قاپوقاچاغیان بۆ پەرستگای یەزدان دروستکرد، قاپوقاچاغی خزمەتکردن و پێشکەشکردن و کەوچک و جامی زێڕین و چەند کەلوپەلێکی دیکە لە زێڕ و زیو. بە درێژایی ژیانی یەهۆیاداع بەردەوام قوربانی سووتاندنیان لە پەرستگای یەزدان پێشکەش دەکرد.

١٥ یەهۆیاداع پیر بوو و چووە ساڵەوە و لە تەمەنی

[a] ١١ ڕازپۆش.

سەد و سی ساڵیدا مرد. [١٦]لە شاری داود لەگەڵ پاشاکان ناشتیان، چونکە لە ئیسرائیل چاکەی لەگەڵ خودا و پەرستگاکەی کرد.

## بەدکاری یۆئاش

[١٧]پاش مردنی یەهۆیاداع پیاوە گەورەکانی یەهودا هاتن و کڕنۆشیان بۆ پاشا برد، ئینجا پاشا گوێی لێ گرتن. [١٨]ئیتر وازیان لە پەرستگای یەزدان، خودای باوباپیرانی خۆیان هێنا و ستوونە ئەشێرا و بتەکانیان پەرست، جا لەبەر ئەم تاوانەیان تووڕەیی خودا هاتە سەر خاکی یەهودا و ئۆرشەلیم. [١٩]هەرچەندە یەزدان پێغەمبەری بۆ ناردن هەتا بۆ یەزدانیان بگێڕنەوە و شایەتییان لەسەر بدەن، بەڵام گوێیان نەگرت.

[٢٠]ئینجا ڕۆحی خودا هاتە سەر زەکەریای کوڕی یەهۆیاداعی کاهین. بەرامبەر گەل ڕاوەستا و پێی گوتن: «خودا ئەمە دەفەرموێت: ”بۆچی سەرپێچی فەرمانەکانی یەزدان دەکەن؟ لەبەر ئەوە سەرکەوتوو نابن، چونکە وازتان لە یەزدان هێنا، ئەویش وازی لێ هێنان.“»

[٢١]بەڵام پیلانیان لێی گێڕا و بە فەرمانی پاشا لە حەوشەی پەرستگای یەزدان بەردبارانیان کرد. [٢٢]یۆئاشی پاشا ئەو دڵسۆزییەی لەبیر چوو کە یەهۆیاداعی باوکی زەکەریا لەگەڵی کردی و کوڕەکەی ئەوی کوشت، ئەویش لەسەرەمەرگیدا گوتی: «یەزدان دەبینێت و پاداشت دەداتەوە.»

[٢٣]ئەوە بوو لە بەهاری ساڵ، سوپای ئارامییەکان هێرشیان کردە سەر یۆئاش، پەلاماری یەهودا و ئۆرشەلیمیان دا و هەموو ڕابەرەکانی گەلیان کوشت، ئیتر هەموو تاڵانی و دەستکەوتەکانیان بۆ پاشای دیمەشق نارد. [٢٤]هەرچەندە سوپای ئارامییەکان بە کۆمەڵێکی کەمەوە هاتبوون، بەڵام یەزدان بەسەر سوپایەکی گەورەتردا زاڵی کردن. لەبەر ئەوەی گەلی یەهودا وازیان لە یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانی خۆیان هێنا، سەبارەت بە یۆئاشیش دادوەریان بەجێگەیاند. [٢٥]کاتێک ئارامییەکان کشانەوە، ئەویان بە برینێکی سەختەوە بەجێهێشت. کاربەدەستەکانی پیلانیان لێی گێڕا لەبەر خوێنی کوڕەکانی یەهۆیاداعی کاهین، جا لەسەر قەرەوێڵەکەی لێیاندا و کوشتیان. لە شاری داود ناشتیان، بەڵام لە گۆڕستانی پاشاکان نەیانناشت.

[٢٦]ئەو دوو کەسە بوون کە پیلانیان لێی گێڕا: زاڤاد[a] کە کوڕی ژنێکی عەمۆنی بوو بە ناوی شیمەعات، یەهۆزاڤاد کە کوڕی ژنێکی مۆئابی بوو بە ناوی شیمریت. [٢٧]بەڵام سەرگوزەشتەی کوڕەکانی و زۆری پێشبینییەکان سەبارەت بە ئەو و نۆژەنکرنەوەی پەرستگای خودا، وا لە لێکدانەوەی پەڕتووکی پاشایان نووسراونەتەوە. ئەمەسیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئەمەسیا

٢٥ ئەمەسیا کاتێک بوو بە پاشا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو، بیست و نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکیشی ناوی یەهۆعەدین بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. [٢]ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، بەڵام نەک بە دڵێکی تەواوەوە. [٣]کاتێک جڵەوی پاشایەتییەکە لە دەستی جێگیر بوو، سزای مردنی بەسەر ئەو کاربەدەستانەدا سەپاند کە پاشای باوکیان کوشتبوو. [٤]بەڵام کوڕەکانی ئەوانی نەکوشت، بەڵکو بەو شێوەیەی کرد کە لە پەڕتووکی تەوراتی موسادا نووسراوە، کە یەزدان فەرمانی داوە و فەرموویەتی: «باوک لە جیاتی کوڕ ناکوژرێت و کوڕ لە جیاتی باوک ناکوژرێت، هەر یەکێک لەسەر گوناهی خۆی دەکوژرێت.»[b]

[٥]ئەمەسیا یەهودای کۆکردەوە و بەپێی بنەماڵەکان داینان بە فەرماندەی هەزاران و سەدان لە هەموو یەهودا و بنیامیندا. پاشان لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوەی سەرژمێری کرد و بینی سێ سەد هەزار پیاو کە ئامادە بوون بۆ جەنگ، پڕچەککراو بە ڕم و قەڵغان بوون. [٦]هەروەها سەد هەزار پاڵەوانی

[a] ٢٦ زاڤاد شێوازێکە بۆ ناوی یۆزاڤاد.

[b] ٤ لەسەر گوناهی خۆی دەکوژرێت: بڕوانە دواوتار ٢٤:١٦.

بەهێزی لە ئیسرائیل بە سەد تالنت زیو[a] بەکرێ گرت.

[٧]بەڵام پیاوێکی خودا هات بۆ لای و گوتی: «ئەی پاشا، با سوپای ئیسرائیل لەگەڵتدا نەیێت، چونکە یەزدان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، تەنانەت لەگەڵ کەس لە نەوەی ئەفرایمدا نییە. [٨]هەتا ئەگەر تۆش بە ئازایەتییەوە بەرەو پێشەوە بڕۆیت و شەڕ بکەیت، ئەوا خودا لەبەردەم دوژمن دەتخات، چونکە لەلای خودا هێز هەیە بۆ یارمەتیدان و بۆ خستنیش.»

[٩]ئەمەسیا لە پیاوەکەی خودای پرسی: «ئەی چی بکرێت بۆ ئەو سەد تالنتەی کە داومەتە چەتەکانی ئیسرائیل؟»

پیاوەکەی خوداش گوتی «یەزدان دەتوانێت لەوە زیاترت پێبدات.»

[١٠]ئیتر ئەمەسیا ئەو بەکرێگیراوانەی جیا کردەوە کە لە ئەفرایمەوە هاتبوون هەتا بۆ شوێنەکەی خۆیان بگەڕێنەوە، ئەوانیش لە یەهودا زۆر تووڕە بوون و بە گڕی تووڕەییەوە گەڕانەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان.

[١١]بەڵام ئەمەسیا ورەی دایە بەرخۆی و ڕابەرایەتی سوپاکەی کرد بۆ دۆڵی خوێ[b] و دە هەزار کەسی لە نەوەی سێعیر کوشت، [١٢]نەوەی یەهوداش دە هەزاریان بە زیندوویی لێ بە دیل گرتن و هێنایانن بۆ سەر خەرەندێک[c] و لەسەر هەڵدێرەکەوە فڕێیان دانە خوارەوە و هەموویان پارچەپارچە بوون.

[١٣]بەڵام ئەو چەتانەی کە ئەمەسیا نەیهێشت لەگەڵیدا بچنە جەنگەکە، هێرشیان کردە سەر شارۆچکەکانی یەهودا، لە سامیرەوە هەتا بێتحۆرۆن و سێ هەزاریان لێ کوشتن و تاڵانێکی زۆریشیان برد.

[١٤]پاش ئەوەی ئەمەسیا لە لێدانی ئەدۆمییەکان گەڕایەوە، بتەکانی نەوەی سێعیری هێنا و کردنی بە خوداوەندی خۆی و کڕنۆشی بۆ بردن و بخووری بۆ سووتاندن. [١٥]جا تووڕەیی یەزدان لە ئەمەسیا جۆشا و پێغەمبەرێکی بۆ نارد و پێی گوت: «بۆچی داوای خوداوەندەکانی ئەو گەلەت کرد کە نەیانتوانی گەلەکەی خۆیان لە دەستت دەرباز بکەن؟»

[١٦]کاتێک هێشتا قسەی لەگەڵ دەکرد، پێی گوت: «ئایا تۆیان کردووە بە ڕاوێژکاری پاشا؟ بێدەنگ بە با نەتکوژن!»

ئەو کاتە پێغەمبەرەکە وەستا، بەڵام گوتی: «زانیم کە خودا بڕیاری داوە بە لەناوبردنت، چونکە ئەمەت کرد و گوێت لە ڕاوێژم نەگرت.»

[١٧]پاش ئەوەی ئەمەسیای پاشای یەهودا ڕاوێژی کرد، ناردی بەدوای یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحازی کوڕی یێهوی پاشای ئیسرائیلدا و گوتی: «وەرە، با ڕووبەڕوو شەڕ بکەین.»

[١٨]یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیلیش وەڵامی ئەمەسیای پاشای یەهودای دایەوە و گوتی: «خڕنووکی لوبنانی ناردی بۆ لای دار ئورزی لوبنانی و گوتی: "کچەکەت بدە بە کوڕەکەم هەتا ببێتە ژنی،" ئینجا ئاژەڵێکی کێوی لە لوبنان بەسەر خڕنووکەکەدا ڕۆیشت و پانی کردەوە. [١٩]تۆ گوتت ئەدۆمم شکاندووە، ئێستا لەخۆبایی بوویت، شانازیت کرد هەتا ڕێزداربیت، لە ماڵی خۆت بمێنەوە! بۆچی بەڵا بەسەر خۆتدا دەهێنیت؟ ئینجا دەکەویت، خۆت و یەهوداش لەگەڵت.»

[٢٠]بەڵام ئەمەسیا گوێی نەگرت، ئەمەش لەلایەن خوداوە بوو چونکە خودا ویستی بیانداتە دەستی یەهۆئاش، لەبەر ئەوەی ڕوویان لە خوداوەندەکانی ئەدۆم کرد. [٢١]لەبەر ئەوە یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل هێرشی برد، لەگەڵ ئەمەسیای پاشای یەهودا لە بێتشەمەشی یەهودا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. [٢٢]لە ئەنجامدا یەهودا بەرامبەر بە ئیسرائیل تێکشکان، هەرکەسە و بەرەو ماڵەکەی خۆی هەڵات. [٢٣]ئەمەسیای پاشای یەهودا، کوڕی یۆئاشی کوڕی ئەحەزیا، لەلایەن یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیلەوە لە بێتشەمەش بە دیل گیرا. پاشان یەهۆئاش هێنای

[a] ٦ کەمێک زیاتر لە ٣,٤ تەنی زیو دەبوو.

[b] ١١ دۆڵی خوێ: دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو.

[c] ١٢ شوێنێکی ڕێک و بەرزە، سەرکەوتن بەسەریدا زۆر زەحمەتە، وەک (خەرەندی ڕەواندوز).

بۆ ئۆرشەلیم و شووڕای ئۆرشەلیمی لە دەروازەی ئەفرایمەوە هەتا دەروازەی گۆشەکە وێران کرد، کە چوار سەد باڵ[a] بوو. [٢٤]هەموو زێڕ و زیو و قاپوقاچاغەکانی ناو پەرستگای خودا کە لەلای عوبێد ئەدۆم بوو، هەروەها گەنجینەکانی کۆشکی پاشا و بارمتەکانی برد و گەڕایەوە سامیرە.

[٢٥]ئەمەسیای کوڕی یۆئاشی پاشای یەهوداش لەدوای مردنی یەهۆئاشی کوڕی یەهۆئاحازی پاشای ئیسرائیل، پازدە ساڵ ژیا. [٢٦]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی ئەمەسیا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لە پەڕتووکی پاشاکانی یەهودا و ئیسرائیل تۆمار کراون. [٢٧]لەو کاتەوەی کە ئەمەسیا لە یەزدان هەڵگەڕایەوە، لە ئۆرشەلیم پیلانیان لە دژی گێڕا و هەڵات بۆ لاخیش، ئینجا چەند پیاوێکیان بەدوایدا نارده شاری لاخیش و لەوێ کوشتیان. [٢٨]بە ئەسپ هێنرایەوە ئۆرشەلیم و لەوێ لە شاری یەهودا لەگەڵ باوباپیرانی نێژرا.

## پاشایەتی عوزیا

٢٦ ئینجا هەموو گەلی یەهودا عوزیای[b] گەنجی شازدە ساڵانیان برد و لە جێی ئەمەسیای باوکی کردیانە پاشا. [٢]ئەو ئێلەتی بنیاد نایەوە و بۆ یەهودای گەڕاندەوە، پاش ئەوەی ئەمەسیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە.

[٣]عوزیا گەنجێکی شازدە ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، پەنجا و دوو ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، دایکیشی ناوی یەخۆلیاهو بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. [٤]بە هەمان شێوەی ئەمەسیای باوکی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی. [٥]عوزیا لە سەردەمی زەکەریای پێغەمبەر ڕووی لە خودا دەکرد کە فێری لەخواترسی دەکرد. هەموو ئەو ڕۆژانەی ڕووی لە یەزدان دەکرد، خودا سەرکەوتووی کرد.

[٦]لە دژی فەلەستییەکان جەنگی بەرپا کرد، شووراکانی گەت و یەڤنێ و ئەشدۆدی ڕووخاند. لە دەوروبەری ئەشدۆد و لە چەند شوێنێکی دیکە لەنێو فەلەستییەکان چەند شارۆچکەیەکی بنیاد ناوە. [٧]خوداش لە شەڕی لە دژی فەلەستییەکان و عەرەبەکانی گور بەعل و مەعونییەکان یارمەتی دا. [٨]عەمۆنییەکانیش سەرانەیان بۆ عوزیا هێنا و ناوبانگی هەتا دەروازەی میسر بڵاو بووەوە، چونکە زۆر بەهێز بوو.

[٩]عوزیا چەند قوللەیەکی لە ئۆرشەلیم لەسەر دەروازەی گۆشەکە و دەروازەی دۆڵەکە و لەلای گۆشەکەوە بنیاد نا و قاییمی کردن. [١٠]هەروەها چەند قوللەیەکی لە چۆڵەوانیدا بنیاد نا و ئەمباراوی زۆریشی لێدا، چونکە مەڕوماڵاتێکی زۆری لە زوورگ و لە دەشت هەبوو، هەروەها جوتیار و ڕەزەوانی زۆریشی لە چیا و لە باخدا هەبوو، چونکە زۆر حەزی لە کشتوکاڵ بوو.

[١١]عوزیا سوپایەکی مەشقپێکراوی هەبوو، بەگوێرەی ژمارەیان بە تیپی ڕێکخراو بەڕێ دەکەوتن. ئەمەش بەگوێرەی سەرژمێرییان لەلایەن یەعیێلی خامەی نهێنی و مەعسێیاهوی فەرماندە، لەژێر سەرپەرشتی حەنەنیا بوو کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پاشا. [١٢]کۆی ژمارەی گەورەی بنەماڵەکان، لە پاڵەوانە ئازاکان، دوو هەزار و شەش سەد کەس بوو، [١٣]سوپایەکی سێ سەد و حەوت هەزار و پێنج سەد سەربازی مەشقپێکراوی هەبوو کە زۆر بە قارەمانانە دەجەنگان بۆ یارمەتیدانی پاشا بەسەر دوژمنەکانیدا. [١٤]هەروەها عوزیا بۆ هەموو سەربازەکان قەڵغان، ڕم، کڵاوی ئاسنی، سپەر، کەوان و بەردی قۆچەقانی بۆ دابین کردن. [١٥]لە ئۆرشەلیم مەنجەنیقی دروستکرد کە داهێنانی پیشەوەرە شارەزاکان بوو، بۆ ئەوەی لەسەر قوللەکان و لەسەر گۆشەی شووراکان بن بۆ هاویشتنی تیر و بەردی گەورە. بەو شێوەیە ناوبانگی گەیشتە شوێنە دوورەکان، چونکە سەرنج ڕاکێشەرانە یارمەتی درا هەتا بەهێز بوو.

[١٦]بەڵام عوزیا پاش ئەوەی بەهێز بوو، لەخۆبایی بوو هەتا بووە هۆی کەوتنی خۆی. ناپاکی لەگەڵ

[a] ٢٣ چوار سەد باڵ: نزیکەی ١٨٠ مەتر.

[b] ١ هەروەها بە ناوی عەزەریاش هاتووە.

یەزدانی پەروەردگار کرد و هاتە ناو پەرستگای یەزدان بۆ ئەوەی بخوور لەسەر قوربانگای بخوور بسووتێنێت. [17]عەزەریای کاهین لەگەڵ هەشتا کاهینی ئازای یەزدان لەدوای ئەو هاتنە ژوورەوە، [18]بەرەنگاری عوزیای پاشا بوونەوە و پێیان گوت: «ئەی عوزیا، بۆت نییە بخوور بۆ یەزدان بسووتێنیت، چونکە بخوور سووتاندن بۆ کاهینە تەرخانکراوەکانی نەوەی هارونە. لە پیرۆزگاکە بڕۆ دەرەوە، چونکە تۆ ناپاکیت کرد و هیچ ڕێزێکت لەلای یەزدانی پەروەردگار نییە.»

[19]عوزیا پەست بوو. لە کاتی پەستبوونی لە کاهینەکان بخووردانەکەی بەدەستەوە بوو بۆ بخوور سووتاندن، لەبەردەم کاهینەکان لەناو پەرستگای یەزدان لەلای قوربانگاکەی بخوور سووتاندن نەخۆشی گەڕوگولی لە ناوچەوانی دەرکەوت. [20]کە عەزەریای سەرۆکی کاهین و کاهینەکانی دیکە ئاوڕیان لێی دایەوە و بینییان ناوچەوانی تووشی گەڕوگولی بووە، لەوێ دەریانکرد، هەروەها خۆشی بە پەلە بوو لە هاتنە دەرەوە، چونکە یەزدان تووشی کردبوو.

[21]عوزیا پاشا هەتا ئەو ڕۆژەی مرد گەڕوگول بوو، ئیتر لە ماڵێکی جیاکراوە نیشتەجێ بوو، لەبەر گەڕوگولییەکەی لە پەرستگای یەزدانیش دەرکرا. یۆتامی کوڕیشی سەرپەرشتیاری کۆشکەکە بوو، فەرمانڕەوایەتی گەلی خاکەکەی دەکرد.

[22]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی عوزیا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، ئیشایای پێغەمبەر کوڕی ئامۆچ تۆمار کرد. [23]عوزیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە نزیکی باوباپیرانی لە گۆڕستانێك ناشتیان کە هی پاشاکان بوو، بەڵام شاهانە نەبوو، چونکە گوتیان: «گەڕوگولە.» ئیتر یۆتامی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یۆتام

٢٧ یۆتام کاتێك بوو بە پاشا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکیشی یەروشای کچی سادۆق بوو. [2]بە هەمان شێوەی عوزیای باوکی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی، سەرباری ئەوەش نەچووە ناو پیرۆزگای یەزدان، بەڵام گەل هێشتا گەندەڵییان دەکرد. [3]یۆتام دەروازەی سەرەوەی پەرستگای یەزدانی بنیاد نایەوە و کاری زۆریشی لەسەر شووراکەی گردی عۆفەل کرد. [4]چەند شارۆچکەیەکیشی لە چیای یەهودا بنیاد نا و لە دارستانەکانیشدا قەڵا و قوللەی بنیاد نا.

[5]یۆتام لە دژی پاشای عەمۆنییەکان جەنگا و زاڵ بوو بەسەریاندا، عەمۆنییەکانیش لەو ساڵەدا سەد تالنت[a] زیو و دە هەزار کۆڕ[b] گەنم و دە هەزاریشیان[c] لە جۆ پێیدا. هەروەها عەمۆنییەکان لە ساڵی دووەم و سێیەمیشدا ئەمەیان پێیدا.

[6]یۆتام بەهێز بووەوە، چونکە بەردەوام بوو لە گوێڕایەڵی بۆ یەزدان.

[7]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یۆتام، لەگەڵ هەموو جەنگەکانی و کردەوەکانی، لە پەڕتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهودا تۆمار کراون.

[8]یۆتام کاتێك بوو بە پاشا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [9]ئیتر یۆتام لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شاری داود نێژرا، ئاحازی کوڕیشی لە جێی ئەو بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئاحاز

٢٨ ئاحاز گەنجێکی بیست ساڵان بوو کاتێك بوو بە پاشا، شازدە ساڵیش لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. بە پێچەوانەی داودی باپیرە گەورەی، ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو نەیکرد. [2]بەڵکو هەمان ڕێچکەی پاشاکانی ئیسرائیلی گرتەبەر و چەند بتێکی داڕێژراویشی بۆ بەعلەکان دروستکرد. [3]ئەو بوو کە لە دۆڵی بەن‌هینۆم بخووری سووتاند

[a] ٥ کەمێك زیاتر لە ٣،٤ تەنی زیو دەبوو.
[b] ٥ دە هەزار کۆڕ: نزیکەی ١٦٠٠ تەن گەنم.
[c] ٥ دە هەزار کۆڕ: نزیکەی ١٣٥٠ تەن جۆ.

و کوڕەکانی خۆشی کردە قوربانی سووتاندن، وەك نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کرد کە یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردن. [٤]هەروەها لە نزرگەکانی سەر بەرزایی و لەسەر گردەکان و لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا قوربانی سەربڕی و بخووری سووتاند.

[٥]لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری ئەوی دایە دەست پاشای ئارام. ئارامییەکانیش تێکیان شکاند و دیلێکی زۆریان لێ ڕاپێچ کردن و ئەوانیان هێنایە دیمەشق.

هەروەها ئاحاز درایە دەست پاشای ئیسرائیل و ئەویش گورزێکی گەورەی لێ وەشاند. [٦]بە یەك ڕۆژ پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهو سەد و بیست هەزار کەسی لە یەهودا کوشت، کە هەموویان پیاوی بەهێز بوون، چونکە وازیان لە یەزدان، خودای باوباپیرانی خۆیان هێنابوو. [٧]هەروەها زکری پاڵەوانی ئەفرایم مەعسێیاهوی کوڕی پاشای کوشت، هەروەها عەزریقامی سەرپەرشتیاری کۆشکەکە و ئەلقانەی جێگری پاشاشی کوشت. [٨]پیاوانی ئیسرائیل لە برایانی خۆیان لە یەهودا دوو سەد هەزار ژن و کوڕ و کچیان ڕاپێچ کرد و دەستکەوتێکی زۆریان لێ تاڵان کردن، دەستکەوتەکەیان هێنا بۆ سامیرە.

[٩]لەوێ پێغەمبەرێکی یەزدان هەبوو بە ناوی عۆدێد، چووە دەرەوە بۆ بەردەم ئەو سوپایەی کە دەهاتە سامیرە، پێی گوتن: «لەبەر ئەوەی تووڕەیی یەزدانی خودای باوباپیرانتان لەسەر یەهودا بوو، ئەوانی دایە دەستتان، بەڵام ئێوە هێندە بە تووڕەییەوە ئەوانتان کوشت هەتا هاواریان دەگەیشتە ئاسمان. [١٠]ئێستاش ئێوە بە نیازن نەوەی یەهودا و ئۆرشەلیم بکەنە کۆیلە و کەنیزەی خۆتان، ئایا ئێوەش دەرهەق بە یەزدانی پەروەردگارتان تاوانبار نین؟ [١١]ئێستاش گوێم لێ بگرن! ئەو دیلانەی کە لە براکانتان بە دیلتان گرتووە بیانگەڕێننەوە، چونکە گڕی تووڕەیی یەزدان لەسەرتانە.»

[١٢]ئینجا چەند سەرکردەیەك لە نەوەی ئەفرایم کە عەزەریای کوڕی یەهۆحانان و بەرەخیای کوڕی مەشیلێمۆت و یەحیزقیاهوی کوڕی شەلوم و عەماسای کوڕی حەدلای بوون، هەستان و چوون بەرەنگاری سوپاکە بوونەوە، [١٣]پێیان گوتن: «دیلەکان ناهێنن بۆ ئێرە، ئەگینا ئێمەش دەرهەق بە یەزدان تاوانبار دەبین. ئایا ئێوە بە نیازن گوناه و تاوانەکانمان زۆرتر بکەن؟ چونکە خۆمان ئەوەندە تاوانمان زۆرە کە گڕی تووڕەیی خودا لە ئیسرائیل هاتووەتە جۆش.»

[١٤]ئیتر سەربازەکان لەبەردەم سەرکردەکان و هەموو کۆمەڵەکەدا دیلەکان و تاڵانییەکەیان بەجێهێشت. [١٥]پاشان ئەو پیاوانەی ناویان دەستنیشان کرا، هەستان و دیلەکانیان برد و لە تاڵانییەکە جلیان لەبەر هەموو ڕووتەکانیان کرد، بەرگیان پۆشین و پێڵاویان لەپێکردن. نان و ئاویان دەرخوارد دان، بریندارەکانیان بە هەتووان[a] چارەسەر کرد و هەموو لاوازەکانیان سواری گوێدرێژ کرد و هێنایاننە ئەریحا، شاری دار خورما، بۆ لای براکانیان، ئینجا گەڕانەوە سامیرە.

[١٦]لەو کاتەدا ئاحاز پاشا نێردراوی ناردە لای پاشای ئاشور، هەتا یارمەتی بدات، [١٧]چونکە دیسان ئەدۆمییەکان هاتبوون و هێرشیان کردبووە سەر یەهودا و چەند دیلێکیان لێ ڕاپێچ کردن. [١٨]هەروەها فەلەستییەکانیش پەلاماری شارۆچکەکانی زوورگەکان و نەقەبی یەهودایان دابوو. بێتشەمەش و ئەیالۆن و گەدێرۆتیان گرت، لەگەڵ سۆخۆ و تیمنا و گیمزۆ و دەوروبەریان، لەوێ نیشتەجێ بوون. [١٩]یەزدان بەهۆی ئاحازی پاشای ئیسرائیلەوە[b] یەهودای زەلیل کردەوە، چونکە ئەو یەهودای وا لێکرد کە لە خودا یاخی بێت و بە تەواوی ناپاکی لە یەزدان کرد. [٢٠]تگلەت پلئەسەری پاشای ئاشور هاتە سەری و تەنگی پێهەڵچنی، لە جیاتی ئەوەی پاڵپشتی بکات.

[a] ١٥ مەرهەم بۆ سارێژبوونی برین.

[b] ١٩ مەبەست لە ئاحازی پاشای ئۆرشەلیمە، ئەو کاتە ئۆرشەلیم پایتەختی یەهودا بووە، بڕوانە ١:٢٨. نووسەری ئەم پەڕتووکە زۆر جار دەنووسێت ئیسرائیل، بەڵام مەبەستی لە یەهودایە، چونکە هۆزەکانی باکووری ئیسرائیل هەموو ڕاپێچ کرابوون.

[٢١]لەگەڵ ئەوەی ئاحاز پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا و ماڵی میرەکانی تاڵان کرد و دایە پاشای ئاشور، بەڵام سوودی نەبوو.

[٢٢]لە کاتی تەنگانەکەیدا ئاحازی پاشا زیاتر ناپاکی لەگەڵ یەزدان کرد و [٢٣]قوربانی بۆ خوداوەندەکانی دیمەشق کرد، ئەوانەی ئەویان بەزاند، گوتی: «چونکە خوداوەندەکانی پاشاکانی ئارامییەکان یارمەتییان دەدات، منیش قوربانییان بۆ سەردەبڕم بەڵکو یارمەتی منیش بدەن.» بەڵام ئەوان هۆی ڕووخانی ئەو و هەموو ئیسرائیل بوون.

[٢٤]ئاحاز کەلوپەلەکانی پەرستگای خودای کۆکردەوە و پارچەپارچەی کردن، دەرگاکانی پەرستگای یەزدانی داخست و لەسەر سووچی هەموو شەقامێك لە ئۆرشەلیم قوربانگای دامەزراند. [٢٥]لەناو هەموو شارۆچکەکانی یەهوداش نزرگەکانی سەر بەرزایی بۆ بخوور سووتاندن بۆ خوداکانی دیکە دروستکرد و یەزدانی خودای باوباپیرانی خۆی پەست کرد.

[٢٦]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتییەکەی و هەموو کردارەکانی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، وا لە پەڕتووکی پاشاکانی یەهودا و ئیسرائیل تۆمار کراون. [٢٧]ئاحاز لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە شاری ئۆرشەلیم نێژرا، چونکە نەیانبردە گۆڕستانی پاشاکانی ئیسرائیل. ئیتر حەزقیای کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## حەزقیا پەرستگاکە پاك دەکاتەوە

٢٩ حەزقیا گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، بیست و نۆ ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، ناوی دایکی ئەبیای کچی زەکەریا بوو. [٢]بە هەمان شێوەی داودی باپیرە گەورەی ئەوەی لەبەرچاوی یەزدان ڕاست بوو کردی.

[٣]لە یەکەم مانگی ساڵی یەکەمی پاشایەتییەکەی دەرگاکانی پەرستگای یەزدانی چاککردەوە و دەرگاکانی کردەوە. [٤]کاهین و لێڤییەکانی بردە ژوورەوە و لە گۆڕەپانەکەی ڕۆژهەڵاتدا کۆی کردنەوە و [٥]پێی گوتن: «ئەی لێڤییەکان گوێم لێ بگرن، ئێستا خۆتان تەرخان بکەن و پەرستگای یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان تەرخان بکەن. گڵاوی لە پیرۆزگا دەربکەن، [٦]چونکە باوباپیرانمان ناپاکییان کرد و لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگارمان خراپەکارییان کرد و بەجێیان هێشت. ڕوویان لە نشینگەی یەزدان وەرگێڕا و پشتیان تێکرد، [٧]هەروەها دەرگاکانی هەیوانەکەیان داخست و چراکەیان کوژاندەوە و بخووریان نەسووتاند و هیچ قوربانی سووتاندنیان لە پیرۆزگادا بۆ خودای ئیسرائیل نەکرد. [٨]لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدان بەسەر یەهودا و ئۆرشەلیمدا هاتە خوارەوە، ئەویش کردنی بە پەند و مایەی سەرسوڕمان و تانە و تەشەر، هەروەك بە چاوی خۆتان دەیبینن. [٩]لەبەر ئەمە باوباپیرانمان بە شمشێر کوژران و کوڕ و کچ و ژنەکانمان دیلن.[a] [١٠]ئێستاش لە دڵمدایە پەیمانێك لەگەڵ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ببەستم، بەڵکو گڕی تووڕەییەکەی لە ئێمە دابمرکێتەوە. [١١]کوڕەکانم، ئێستا کەمتەرخەمی مەکەن، چونکە یەزدان ئێوەی هەڵبژارد هەتا لەبەردەمی ڕابوەستن و خزمەتی بکەن و ببن بە خزمەتکار و بخوور بسووتێنن بۆی.»

[١٢]ئینجا ئەم لێڤییانە هەستان بە خزمەتەکەیان:
لە نەوەی قەهاتییەکان،
مەحەتی کوڕی عەماسەی و یۆئێلی کوڕی عەزەریا؛
لە نەوەی مەراری،
قیشی کوڕی عەبدی و عەزەریای کوڕی یەهەلەلئێل؛
لە گێرشۆنییەکانیش،
یۆئاحی کوڕی زیما و عەدەنی کوڕی یۆئاح؛
[١٣]لە نەوەی ئەلیچافان،
شیمری و یەعیێل؛
لە نەوەی ئاساف،

[a] ٩ مەبەست لە ڕاپێچکراوانی گەلی شانشینی باکوور و بەشێك لە شانشینی باشووره لەلایەن پاشای ئاشورەوە. بڕوانە دووەم پاشایان ٦:١٧.

زەکەریا و مەتەنیا؛
[١٤]لە نەوەی هێیمان،
یەحیێل و شیمعی؛
لە نەوەی یەدوتون،
شەمەعیا و عوزیێل.

[١٥]کاتێك برا لێڤییەکانیان کۆکردبووەوە و خۆیان تەرخان کردبوو، بە فەرمانی پاشا چوونە ژوورەوە بۆ ئەوەی بەگوێرەی فەرمایشتی یەزدان پەرستگاکە پاك بکەنەوە. [١٦]کاهینەکان چوونە ناو پیرۆزگای یەزدانەوە بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە و هەموو ئەو گڵاوییەی لەناو پەرستگای یەزداندا دۆزییانەوە، بردیانە دەرەوە بۆ حەوشەی پەرستگای یەزدان و لێڤییەکانیش هەڵیانگرت بۆ ئەوەی دەریبکەنە دەرەوە بۆ دۆڵی قدرۆن. [١٧]لە ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکدا دەستیان بە تەرخانکردنەکە کرد و لە ڕۆژی هەشتی مانگدا گەیشتنە هەیوانەکەی پەرستگای یەزدان. لەپاش ئەوە هەشت ڕۆژی دیکەش پەرستگای یەزدانیان تەرخان کرد و لە ڕۆژی شازدەی مانگی یەکدا کۆتاییان پێهێنا.

[١٨]ئینجا چوونە ژوورەوە بۆ لای حەزقیای پاشا و گوتیان: «هەموو پەرستگای یەزدان و قوربانگاکەی قوربانی سووتاندن و هەموو قاپوقاچاغەکانی و مێزی نانی تەرخانکراو و هەموو قاپوقاچاغەکانیمان پاككردەوە، [١٩]لەگەڵ هەموو ئەو قاپوقاچاغانەی کە ئاحازی پاشا فڕێیدا لە سەردەمی پاشایەتییەکەیدا لە ناپاکییەکەی، ئامادە و تەرخانمان کردوون و ئێستا لەبەردەم قوربانگاکەی یەزدانن.»

[٢٠]بەیانی زوو حەزقیای پاشا هەستا و کاربەدەستەکانی شاری کۆکردەوە و چوو بۆ پەرستگای یەزدان. [٢١]حەوت گا و حەوت بەران و حەوت بەرخی نێر و حەوت گیسکی نێریان هێنا بۆ قوربانی گوناە لە پێناوی پاشایەتییەکە و پیرۆزگا و یەهودا. فەرمانی بە کاهینەکان کە لە نەوەی هارون بوون کرد سەریان بخەنە سەر قوربانگاکەی یەزدان. [٢٢]ئیتر گایەکانیان سەربڕی و کاهینەکان خوێنەکەیان وەرگرت و بەسەر قوربانگاکەدا پڕژاندیان؛ دواتر بەرانەکانیان سەربڕی و خوێنەکەیان پڕژاندە سەر قوربانگاکە؛ ئینجا بەرخەکانیان سەربڕی و خوێنەکەیان پڕژاندە سەر قوربانگاکە. [٢٣]پاشان گیسکەکانی قوربانی گوناهیان بردە بەردەم پاشا و کۆمەڵ و ئەوانیش دەستیان لەسەر دانان. [٢٤]ئینجا کاهینەکان سەریان بڕین و خوێنەکەیان پێشکەش کردە سەر قوربانگاکە وەك قوربانی گوناە و کەفارەتیان بۆ هەموو ئیسرائیل کرد، چونکە پاشا گوتی، قوربانی سووتاندن و قوربانییەکەی گوناە بۆ هەموو ئیسرائیلە.

[٢٥]ئینجا لێڤییەکانی لە پەرستگای یەزدان ڕاگرت، بە سەنج و قیسارە و سازەوە، بەگوێرەی فەرمانی داود، گاد کە پەیامی خودای بە پاشا ڕادەگەیاند و ناتانی پێغەمبەریش، چونکە فەرمانەکە لەلایەن یەزدانەوە بوو لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانییەوە. [٢٦]ئیتر لێڤییەکان بە ئامێرە مۆسیقییەکانی داودەوە و کاهینەکانیش بە کەڕەناوە ڕاوەستان.

[٢٧]حەزقیاش فەرمانی دا بە سەرخستنی قوربانی سووتاندنەکە بۆ سەر قوربانگاکە و لە کاتی دەستپێکردنی قوربانی سووتاندنەکەدا، ستایشی یەزدان دەستی پێ کرد لەگەڵ لێدانی کەڕەنا و ئامێرە مۆسیقییەکانی داودی پاشای ئیسرائیل. [٢٨]هەموو کۆمەڵەکەش کڕنۆشیان دەبرد و گۆرانیبێژەکان گۆرانییان دەگوت و کەڕەنا لێدەرەکانیش فوویان بە کەڕەناکانیاندا دەکرد، هەر هەموو بەردەوام بوون هەتا قوربانی سووتاندنەکە کۆتایی پێهات.

[٢٩]لە کاتی تەواوبوونی قوربانی سووتاندنەکە، پاشا و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون چەمانەوە و کڕنۆشیان برد. [٣٠]حەزقیای پاشا و کاربەدەستەکان بە لێڤییەکانیان گوت کە بە وشەکانی داود و ئاسافی پێشبینیکەر ستایشی یەزدان بکەن، ئەوانیش بە خۆشییەوە ستایشیان کرد و چەمانەوە و کڕنۆشیان برد.

[٣١]ئینجا حەزقیا گوتی: «ئێستا خۆتان بۆ یەزدان تەرخان کردووە، وەرنە پێش و قوربانی سەربڕاو و قوربانی سوپاسگوزاری بۆ پەرستگای یەزدان بهێنن.»

پاشان کۆمەڵەکە قوربانی سەربڕاو و قوربانی سوپاسگوزارییان هێنا و هەرکەسێکیش لە دڵەوە ئارەزووی کرد قوربانی سووتاندنی هێنا.
[٣٢]ژمارەی ئەو قوربانی سووتاندنانەی کە کۆمەڵەکە هێنایان، حەفتا گا و سەد بەران و دوو سەد بەرخی نێر بوو، هەموو ئەمانە قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان بوون. [٣٣]ئاژەڵە تەرخانکراوەکانیش شەش سەد گا و سێ هەزار مەڕ و بزن بوون. [٣٤]بەڵام کاهینەکان کەم بوون و نەیانتوانی هەموو قوربانی سووتاندنەکان کەوڵ بکەن، لەبەر ئەوە برا لێڤییەکانیان یارمەتییان دان، هەتا کارەکە تەواو بوو و هەتا کاهینی دیکەش خۆیان تەرخان کرد، چونکە لێڤییەکان بۆ خۆتەرخانکردن لە کاهینەکان دڵسۆزتر بوون. [٣٥]هەروەها قوربانی سووتاندنەکان زۆر بوون بە پیوی قوربانییەکانی هاوبەشی و بە شەرابی پێشکەشکراوی قوربانی سووتاندنەکان.
بەم شێوەیە خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان جارێکی دیکە بەردەوامی پێدرایەوە. [٣٦]حەزقیا و هەموو گەلیش دڵشاد بوون لەبەر ئەوەی خودا گەلی ئامادە کرد، چونکە کارەکە کتوپڕ بوو.

## حەزقیا لە جەژنی پەسخە

٣٠ حەزقیا ناردی بەدوای هەموو خەڵکی ئیسرائیل و یەهودا، هەروەها نامەشی بۆ ئەفرایم و مەنەشە نووسی هەتا بێنە پەرستگای یەزدان لە ئۆرشەلیم، بۆ ئەوەی جەژنی پەسخە بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بگێڕن. [٢]پاشا و سەرکردەکانی و هەموو کۆمەڵەکە لە ئۆرشەلیم بڕیاریان دا کە لە مانگی دوو جەژنی پەسخە بگێڕن، [٣]چونکە نەیانتوانی لە کاتی خۆیدا بیکەن، لەبەر ئەوەی هێشتا کاهینەکان بە تەواوەتی خۆیان تەرخان نەکردبوو، گەلیش لە ئۆرشەلیم کۆنەببوونەوە. [٤]ئینجا پلانەکە لەبەرچاوی پاشا و هەموو کۆمەڵەکە پەسەند بوو. [٥]بڕیاریان دا لەناو هەموو ئیسرائیل لە بیری شابەعەوە هەتا دان بانگەواز بکەن، بۆ ئەوەی بێن و جەژنی پەسخە بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل لە ئۆرشەلیم بگێڕن، چونکە زۆر دەمێك بوو وەك ئەوەی نووسراوە نەیانکردبوو.
[٦]بە فەرمانی پاشا پەیامبەرەکان بە نامەکانی پاشا و کاربەدەستەکانی بەناو هەموو ئیسرائیل و یەهودا گەڕان و بەپێی فەرمانی پاشا دەیانگوت:

> «ئەی نەوەی ئیسرائیل، بگەڕێنەوە لای یەزدان، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل، بۆ ئەوەی ئەویش بگەڕێتەوە لای ئەوانەی لێتان ماونەتەوە و لە چنگ پاشاکانی ئاشور دەربازبوون. [٧]وەك باوباپیرانتان و براکانتان مەبن، ئەوانەی ناپاکییان لەگەڵ یەزدان، خودای باوباپیرانی خۆیان کرد، هەروەك دەبینن ئەویش وای کرد خەڵك بتۆقێت لەوەی بەسەر ئەوان هاتووە. [٨]ئێستا وەك باوباپیرانتان کەللەڕەقی مەکەن، بەڵکو ملکەچ بن بۆ یەزدان و بچنە ناو پیرۆزگاکەیەوە، ئەوەی هەتاهەتایە تەرخانی کردووە. یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستن، بۆ ئەوەی گڕی تووڕەییەکەی لە ئێوە دابمرکێتەوە. [٩]ئەگەر ئێوە بۆ لای یەزدان بگەڕێنەوە، ئەوا برا ئیسرائیلی و منداڵەکانتان لەلایەن ڕاپێچکەرانیان بەزەییان پێیاندا دێتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ ئەم خاکە، چونکە یەزدانی پەروەردگارتان میهرەبان و بە بەزەییە. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای یەزدان ئەویش ڕەتتان ناکاتەوە.»

[١٠]پەیامبەرەکان لە شار بە شار دەگەڕان، لە خاکی ئەفرایم و مەنەشە هەتا زەبولون، بەڵام خەڵکی پێیان پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکردن. [١١]هەرچەندە هەندێك کەس لە ئاشێر و مەنەشە و زەبولون خۆیان نزم کردەوە و چوونە ئۆرشەلیم. [١٢]هەروەها خودا پشتگیری یەهودای کرد، یەك دڵی پێ بەخشین، هەتا بە فەرمانی پاشا و سەرکردەکان بکەن، بەپێی فەرمایشتی یەزدان.
[١٣]لە مانگی دوو خەڵکانێکی زۆر لە ئۆرشەلیم

کۆبوونەوە هەتا جەژنی فەتیرە بگێڕن، کۆمەڵێکی زۆر گەورە بوون. [١٤]هەستان و ئەو قوربانگایانەی لە ئۆرشەلیم بوون لایان بردن، هەروەها هەموو قوربانگاکانی بخوور سووتاندنیان لابرد و فڕێیان دانە دۆڵی قدرۆن.

[١٥]لە چواردەی مانگی دوو بەرخی پەسخەیان سەربڕی.[a] کاهین و لێڤییەکان شەرمەزار بوون و خۆیان تەرخان کرد، قوربانی سووتاندنەکانیان بردە ناو پەرستگای یەزدان. [١٦]کاهینەکان لە شوێنەکانی خۆیان ڕاوەستان، بەو شێوەیەی کە بەپێی تەوراتی موسای پیاوی خودا بۆیان دانرابوو، خوێنەکەیان لە دەستی لێڤییەکان وەردەگرت و دەیانپرژاند. [١٧]ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵەکە خۆیان تەرخان نەکردبوو، ئیتر لێڤییەکان بەرخی پەسخەیان سەردەبڕی لە جیاتی هەموو ئەوانەی پاك نەبوون و نەیاندەتوانی بەرخەکەیان بۆ یەزدان تەرخان بکەن. [١٨]هەرچەندە زۆربەی ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە خاکی ئەفرایم و مەنەشە و یەساخار و زەبولونەوە هاتبوون خۆیان پاك نەکردبووەوە، بەڵام لە قوربانییەکەی پەسخەیان خوارد، بە پێچەوانەی ئەوەی نووسراوە. بەڵام حەزقیا نوێژی بۆ کردن و گوتی: «با یەزدانی چاك لە هەرکەسێك خۆشبێت [١٩]کە بە هەموو دڵەوە ڕووی لە خودا کردووە، لە یەزدانی خودای باوباپیرانی خۆی، هەرچەندە بەپێی ڕێوڕەسمی پیرۆزگا پاك نەبێت.» [٢٠]ئیتر یەزدان گوێی لە حەزقیا گرت و گەلی چاککردەوە.

[٢١]نەوەی ئیسرائیل ئەوانەی لە ئۆرشەلیم بوون حەوت ڕۆژ بە خۆشییەکی زۆرەوە جەژنی فەتیرەیان گێڕا، لێڤی و کاهینەکانیش هەر ڕۆژێك بە دەنگ بەرزی ئامێرە مۆسیقییەکانیان ستایشی یەزدانیان دەکرد کە بۆ ستایشکردنی یەزدان تەرخانکرابوون.

[٢٢]حەزقیاش دڵی هەموو ئەو لێڤییانەی خۆش کرد کە تێگەیشتنی چاکیان نواند لە خزمەتکردنی یەزدان. بە درێژایی ئەو حەوت ڕۆژە بەشی دیاریکراویان دەخوارد و قوربانی هاوبەشییان سەربڕی و ستایشی یەزدانی خودای باوباپیرانیان دەکرد.

[٢٣]پاشان هەموو کۆمەڵ ڕازی بوون کە حەوت ڕۆژی دیکە درێژە بە جەژنەکە بدەن، ئیتر حەوت ڕۆژی دیکە بە خۆشییەوە ئاهەنگیان گێڕا. [٢٤]حەزقیای پاشای یەهودا هەزار گا و حەوت هەزار مەڕ و بزنی بە کۆمەڵەکە بەخشی و سەرکردەکانیش هەزار گا و دە هەزار مەڕ و بزنیان بە کۆمەڵەکە بەخشی، زۆر لە کاهینەکانیش خۆیان تەرخان کرد. [٢٥]هەموو کۆمەڵی یەهودا، کاهین و لێڤییەکان و هەموو ئەو کۆمەڵەی لە ئیسرائیلەوە هاتبوون دڵخۆش بوون، لەگەڵ ئەو بیانییانەی لە خاکی ئیسرائیلەوە هاتبوون و ئەوانەش کە لە یەهودا نیشتەجێ بوون. [٢٦]جا لە ئۆرشەلیم خۆشییەکی گەورە هەبوو، چونکە لە سەردەمی سلێمانی کوڕی داودی پاشای ئیسرائیلەوە، شتی بەو جۆرە لە ئۆرشەلیم نەکرابوو. [٢٧]ئینجا کاهینە لێڤییەکان هەستان و داوای بەرەکەتیان بۆ گەل کرد، ئینجا لەلایەن خوداوە دەنگیان بیسترا و نوێژەکانیان چووە ژوورەوە بۆ ناو نشینگەی پیرۆز لە ئاسمان.

٣١ پاش تەواوبوونی هەموو ئەمانە، تەواوی ئیسرائیل ئەوانەی کە ئامادە بوون چوونە ناو شارۆچکەکانی یەهودا، بەردە تەرخانکراوەکانیان شکاند و ستوونە ئەشێراکانیان بڕییەوە. لە تەواوی خاکی یەهودا و بنیامین و ئەفرایم و مەنەشە نزرگەکانی سەر بەرزایی و قوربانگاکانیان ڕووخاند، هەتا تەواو بوون. پاشان هەموو ئیسرائیل هەریەکە و گەڕایەوە بۆ موڵکەکەی خۆی لە شارۆچکەکانیان.

## پیتاك بۆ ستایشکردن

[٢]حەزقیا ئەرکی بە کاهین و لێڤییەکان سپارد، هەرکەسە و بەگوێرەی بەش و خزمەتەکەی وەك کاهین یان لێڤی، بۆ کردنی قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی، بۆ خزمەتکردن، بۆ وتنەوەی سوپاسگوزاری و سروودی ستایشکردن لە دەروازەکانی نشینگەی یەزدان. [٣]پاشا بەشێکی لە سامانەکەی خۆشی دا بۆ قوربانی سووتاندنەکان،

[a] ١٥ بڕوانە دەرچوون ١٢.

قوربانی سووتاندنەکانی بەیانییان و ئێواران و قوربانی سووتاندنەکانی شەممە و سەرەمانگ و جەژنەکان، بەپێی ئەوەی لە تەوراتی یەزدان نووسراوە. [٤]هەروەها فەرمانی بە دانیشتووانی ئۆرشەلیم دا، کە بەشی کاهین و لێڤییەکان بدرێت هەتا بتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ تەوراتی یەزدان.

[٥]پاش ئەوەی ئەم فەرمانە بڵاو بووەوە، نەوەی ئیسرائیل بە دڵفراوانییەوە یەکەمین بەرهەمی دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیت و هەنگوین و هەموو بەروبوومی کێڵگەیان بەخشی. زۆریان هێنا، دەیەک لە هەموو شتێک. [٦]هەروەها نەوەی ئیسرائیل و یەهودا ئەوانەی کە لە شارۆچکەکانی یەهودا نیشتەجێ بوون، ئەوانیش دەیەکی مەڕوماڵاتەکەیان هێنا، دەیەکی شتە پیرۆزکراوەکان کە بۆ یەزدانی پەروەردگاریان تەرخانکراوە، هێنایان و کۆمەڵ کۆمەڵیان کرد. [٧]لە مانگی سێ دەستیان بە کۆکردنەوەیان کرد و لە مانگی حەوت کۆتاییان پێهێنا. [٨]کاتێک حەزقیا و سەرکردەکان هاتن و کۆمەڵەکانیان بینی، ستایشی یەزدانیان کرد، داوای بەرەکەتیان بۆ ئیسرائیلی گەلەکەی کرد.

[٩]کاتێک حەزقیا لەبارەی کۆمەڵکراوەکانەوە پرسیاری لە کاهین و لێڤییەکان کرد، [١٠]عەزەریای سەرۆکی کاهینیش کە سەر بە ماڵی سادۆق بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: «لەو کاتەی دەستکراوە بە هێنانی پیتاک بۆ پەرستگای یەزدان، خواردوومانە و تێر بووین، زۆریشی لێ ماوەتەوە، چونکە یەزدان گەلەکەی خۆی بەرەکەتدار کردووە و ئەم بەشە زۆرەشی لێ ماوەتەوە.»

[١١]حەزقیاش فەرمانی دا بۆ ئامادەکردنی ژووری ئەمبار لە پەرستگای یەزدان، ئەوانیش ئامادەیان کردن. [١٢]ئینجا پیتاک و دەیەک و شتە تەرخانکراوەکانیان بە دەستپاکییەوە هێنا، کۆنەنیاهوی لێڤی لێپرسراویان بوو، شیمعی براشی جێگری بوو. [١٣]یەحیێل، عەزەریاهو، نەحەت، عەساهێل، یەریمۆت، یۆزاڤاد، ئەلیێل، یەسمەخیاهو، مەحەت و بەنایا سەرپەرشتیار بوون لەژێر دەستی کۆنەنیاهو و شیمعی برای، بەپێی ئەو ڕێکخستنەی کە حەزقیای پاشا و عەزەریای لێپرسراوی یەکەم لە پەرستگای خودا دایاننا.

[١٤]قۆرێی کوڕی یمنەی لێڤیش دەرگاوانی ڕۆژهەڵات و بەرپرسی بەخشینە ئازادەکان[a] بوو کە بە خودا دەبەخشران، هەروەها دابەشکردنی[b] بەخشینە ئازادەکان و دیارییە تەرخانکراوەکان. [١٥]لەناو شارەکانی کاهینان، عەدەن و مینیامین و یێشوع و شەمەعیا و ئەمەریا و شەخەنەیا بە دڵسۆزییەوە یارمەتی قورێیان دەدا. هەریەکە لە بەشی خۆی پێشکەشکراوەکانی بەسەر برا کاهینەکان دابەش دەکرد، بەبێ جیاوازی لەنێوان گەورە و بچووک.

[١٦]سەرباری ئەمانەش، بۆ نێرینەی تەمەن سێ ساڵان بەرەو سەرەوە دابەشیان کرد، ئەوانەی لە تۆماری ڕەچەڵەکدا نووسراون، بۆ هەموو ئەوانەی دەچنە ناو پەرستگای یەزدان، بۆ ئەوەی بەگوێرەی خزمەتی بەشەکانیان بە ئەرکی ڕۆژانەیان هەستن. [١٧]دابەشکردن بەسەر کاهینان بەگوێرەی تۆماری ڕەچەڵەکی کاهینەکان بوو بەپێی بنەماڵەکانیان و بۆ لێڤییەکانیش لە گەنجی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە بەپێی خزمەتی بەشەکانیان. [١٨]بە هەمان شێوە بۆ تۆماری ڕەچەڵەکی هەموو ژن و منداڵ، کوڕ و کچەکانیان لەناو هەموو کۆمەڵەکە، چونکە بە دڵسۆزییەوە خۆیان تەرخان کرد.

[١٩]بۆ ئەو کاهینانەش کە لە دەشتی دەوروبەری شارەکانی کاهینان و شارۆچکەکانی دیکەش دانیشتبوون، بۆ هەموو ئەوانەی کە لە نەوەی هارون بوون و لە ڕەچەڵەکی لێڤییەکان تۆمار کرابوون، ئەو پیاوانەی کە ناویان دیاری کرابوون بەشی هەموو نێرینەیەکی دابەش کرد.

[٢٠]حەزقیا ئەمەی لە هەموو یەهودا کرد و لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگاری خۆی ئەوەی کرد کە چاک و ڕێک و ڕاستە. [٢١]لە هەموو کارێک

[a] ١٤ بەخشینی ئازاد: بڕوانە دەرچوون ٢٩:٣٥ و ٣:٣٦.

[b] ١٤ بۆ کاهینان دابەش کراون، بڕوانە لێڤییەکان ١٤:٧.

کە بەگوێرەی تەورات و فێرکردنەکانی لە خزمەتی پەرستگای یەزدان ئەنجامی دا، ڕووی لە خودا کرد و بە هەموو دڵییەوە کاری کرد، ئیتر سەرکەوتوو بوو.

## هەڕەشەی سەنحێریب لە ئۆرشەلیم

٣٢ پاش ئەوەی حەزقیا بە دەستپاکییەوە هەموو ئەم شتانەی جێبەجێ کرد، سەنحێریبی پاشای ئاشور هات و هێرشی کردە سەر یەهودا، شارە قەڵابەندەکانی گەمارۆ دا، بە نیازی ئەوەی بۆ خۆی دایانبڕێت. [٢]کاتێك حەزقیا بینی کە سەنحێریب هاتووە بە نیازە شەڕ لەگەڵ ئۆرشەلیم بکات، [٣]ڕاوێژی لەگەڵ کاربەدەستان و ئەفسەرە باڵاکانی کرد بۆ پڕکردنەوەی ئاوی ئەو کانییانەی کە لە دەرەوەی شارەکەن، ئەوانیش یارمەتییان دا. [٤]خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوە و هەموو کانیاوەکان و ئەو ڕووبارەی بە ناوەڕاستی زەوییەکەدا تێپەڕ دەبوو پڕیان کردنەوە، گوتیان: «بۆچی پاشاکانی ئاشور بێن و ئاوێکی زۆر بدۆزنەوە؟» [٥]پاشان ورەی دایە بەرخۆی و هەموو شوورا ڕووخاوەکەی بنیاد نایەوە و بەرزی کردەوە هەتا قوللەکان و شوورایەکی دیکەشی لە دەرەوە بنیاد نا و تەلانی شاری داودی تۆکمە کرد و چەك و قەڵغانێکی زۆری دروستکرد.

[٦]سەرکردەکانی سوپای بەسەر گەلەوە دانا و بۆ گۆڕەپانی دەروازەی شارەکە کۆی کردنەوە و ورەی بەرز کردنەوە و گوتی: [٧]«بەهێزبن و ئازابن و مەترسن و لەبەردەم پاشای ئاشور و هەموو ئەو کۆمەڵەی لەگەڵیدایە، ورە بەرمەدەن، چونکە ئەوەی لەگەڵ ئێمەیە بەهێزترە لەوەی لەگەڵ ئەوە. [٨]ئەو تەنها هێز و بازووی مرۆڤی لەگەڵدایە، بەڵام ئێمە یەزدانی پەروەردگارمان لەگەڵدایە هەتا یارمەتیمان بدات و لە جەنگەکان بۆمان بجەنگێت.» بەم قسەیە حەزقیای پاشای یەهودا گەلەکەی هاندا.

[٩]پاشان سەنحێریبی پاشای ئاشور کە خۆی و هەموو هێزەکانی گەمارۆی لاخیشیان دابوو، ئەفسەرەکانی نارده ئۆرشەلیم بۆ لای حەزقیای پاشای یەهودا و بۆ لای هەموو گەلی یەهودا کە لە ئۆرشەلیمدا بوون و گوتیان:

> [١٠]«سەنحێریبی پاشای ئاشور دەڵێت: پشتتان بە چی دەبەستن و لە ئۆرشەلیم لەژێر گەمارۆدا دەمێننەوە؟ [١١]کە حەزقیا دەڵێت: ”یەزدانی پەروەردگارمان لە دەست پاشای ئاشور دەربازمان دەکات،“ ئایا فریوتان نادات بۆ ئەوەی بە برسێتی و بە تینوێتی بتانداتە دەست مردن؟ [١٢]ئایا حەزقیا نەبوو کە نزرگەکانی سەر بەرزایی و قوربانگاکانی تێکدا کە هی ئەم خوداوەندە بوو، بە یەهودا و ئۆرشەلیمی گوت: ”لەبەردەم یەك قوربانگادا کڕنۆش دەبەن و قوربانی لەسەر دەسووتێنن“؟ [١٣]«ئایا نازانن من و باوباپیرانم چیمان بەسەر هەموو گەلانی خاکەکانی دیکەدا هێناوە؟ ئایا خوداوەندەکانی نەتەوەکانی ئەو خاکانە توانییان خاکەکانیان لە دەست من دەرباز بکەن؟ [١٤]کام لە هەموو خوداوەندەکانی ئەو نەتەوانەی کە باوباپیرانم قڕیان کردن، توانی گەلەکەی لە دەستی من ڕزگار بکات؟ چۆن خوداکەتان دەتوانێت لە دەستی من دەربازتان بکات؟ [١٥]ئێستا با حەزقیا هەڵتاننەخەڵەتێنێت و بەم شێوەیە فریوتان نەدات. بڕوای پێ مەکەن، چونکە خوداوەندی هیچ نەتەوەیەك و هیچ پاشایەتییەك نەیتوانیوە گەلەکەی لە دەستی من و لە دەستی باوباپیرانم دەرباز بکات. ئیتر چۆن خوداوەندەکەتان دەتوانێت لە دەستم ڕزگارتان بکات؟»

[١٦]ئەفسەرەکانی سەنحێریب قسەی زیاتریان لە دژی یەزدانی پەروەردگار و لە دژی حەزقیای خزمەتکاری کرد. [١٧]هەروەها چەند نامەیەکی نووسی بۆ سووکایەتیکردن بە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل، لە دژی خودا گوتی: «چۆن خوداوەندی نەتەوەکان لە خاکەکانی خۆیان گەلەکانیان لە دەستی من ڕزگار نەکرد، ئاواش خوداکەی حەزقیا گەلەکەی

لە دەستی من ڕزگار ناکات.» [١٨]ئینجا بە دەنگی بەرز بە زمانی عیبری هاواریان لە دانیشتووانی ئۆرشەلیم کرد کە لەسەر شووراکە بوون، بۆ ئەوەی بیانترسێنن و ورەیان بەر بدەن هەتا شارەکە بگرن. [١٩]قسەیان بە خودای ئۆرشەلیمیش گوت، هەروەك چۆن قسەیان بە خوداوەندەکانی خاکەکانی دیکە گوت، کە دروستکراوی دەستی مرۆڤ بوون.

[٢٠]حەزقیای پاشا و ئیشایا پێغەمبەری کوڕی ئامۆچ بۆ ئەوە نوێژیان کرد و هاواریان بۆ ئاسمان کرد. [٢١]یەزدانیش فریشتەیەکی نارد و هەموو پاڵەوانێکی بەهێز و سەرکردە و فەرماندەیەکی لەناو ئۆردوگاکەی پاشای ئاشور لەناوبرد. ئەویش بە سەرشۆڕییەوە گەڕایەوە بۆ خاکەکەی خۆی، کە چووە ناو پەرستگای خوداوەندەکەی، لەوێ وەچەکانی خۆی بە شمشێر کوشتیان.

[٢٢]بەو شێوەیە یەزدان حەزقیا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمی لە سەنحێریبی پاشای ئاشور و لە دەست هەموو دوژمنەکانی دیکەیان ڕزگار کرد و لە هەموو لایەکەوە پاراستنی. [٢٣]ئینجا خەڵکانێکی زۆر پێشکەشکراویان دەهێنایە ئۆرشەلیم بۆ یەزدان، دیاری گرانبەهاش بۆ حەزقیای پاشای یەهودا. پاش ئەمە هەموو نەتەوەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد.

## سەرکەوتن و لووتبەرزی و مردنی حەزقیا

[٢٤]لەو ڕۆژانەی[a] حەزقیا نەخۆش کەوت، لە سەرە مەرگ بوو، نوێژی بۆ یەزدان کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە و پەرجووێکی وەکو نیشانە پێدا. [٢٥]بەڵام حەزقیا بەو شێوەیەی چاکەی لەگەڵ کرابوو کاردانەوەی نەبوو، چونکە لەخۆبایی ببوو، لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدانی هێنایە سەر خۆی و یەهودا و ئۆرشەلیم. [٢٦]ئینجا حەزقیا تۆبەی لە لەخۆباییبوونەکەی کرد، خۆی و دانیشتووانی ئۆرشەلیمیش، لەبەر ئەوە لە ماوەی پاشایەتی حەزقیا تووڕەییەکەی یەزدان بەسەریاندا نەهات.

[٢٧]حەزقیا دەوڵەمەندی و ڕێزێکی زۆری هەبوو، گەنجینەی بۆ زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها و بۆنوبەرام و قەڵغان و هەموو شتێکی بەهاداری بۆ خۆی دروستکرد. [٢٨]کۆگا بۆ بەروبوومەکانی دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیت، پشتیریش[b] بۆ هەموو جۆرە ئاژەڵێك و بۆ مێگەلەکانیش. [٢٩]هەروەها چەند گوندێکی بنیاد نا و بووە خاوەنی مەڕوماڵات و مانگایەکی زۆر، چونکە خودا سامانێکی زۆری پێدابوو.

[٣٠]حەزقیا بوو کە ڕێڕەوی سەرووی ئاوی گیحۆنی گرتەوە، بە جۆگایەك[c] لەژێر زەوی بۆ بەری ڕۆژئاوای شاری داود بردی، هەروەها لە هەموو کارەکانی سەرکەوتوو بوو. [٣١]بەڵام کاتێك سەرکردەکانی بابل باڵوێزیان نارد بۆ ئەوەی سەبارەت بەو نیشانەیە[d] لێی بپرسن کە لە خاکەکەدا ڕوویدابوو، خودا وازی لێ هێنا بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە هەتا هەموو ئەوەی لە دڵیدایە بیزانێت.

[٣٢]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی حەزقیا و کارە چاکەکانی، لە بینینەکەی ئیشایا پێغەمبەری کوڕی ئامۆچ، لە پەڕتووکی پاشاکانی یەهودا و ئیسرائیلدا تۆمار کراون. [٣٣]حەزقیا لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە بەشی سەرەوەی گۆڕستانی نەوەی داود ناشتیان، لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی هەموو یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم ڕێزیان لێ گرت. ئیتر مەنەشەی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

[a] ٢٤ ڕووداوەکانی ئایەتەکانی ٢٤ هەتا ٣١ لەپێش ڕووداوەکانی ئایەتەکانی ١ هەتا ٢٣ ڕوویان داوە.

[b] ٢٨ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

[c] ٣٠ کەناڵێکی ئاوگواستنەوەی بە درێژایی ٥٢٠ مەتر لە بەرد لەژێر زەوی دروستکردووە. سەرچاوەی ئاوەکەی لە کانی گیحۆن بووە لە دەرەوەی شوورای شاری ئۆرشەلیم، ئاوەکەی بۆ گۆمی سیلوام ڕاکێشاوە.

[d] ٣١ نیشانە: بڕوانە ئایەتی ٢٤ و دووەم پاشایان ٢٠:٨-١٩.

## پاشایەتی مەنەشە

٣٣ مەنەشە کوڕێکی دوازدە ساڵان بوو کە بوو
بە پاشا، پەنجا و پێنج ساڵ لە ئۆرشەلیم
پاشایەتی کرد و [٢]لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری
کرد، وەك نەریتە قێزەونەکانی ئەو گەلانەی کە
یەزدان لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دەریکردبوون.
[٣]جا گەڕایەوە و ئەو نزرگانەی سەر بەرزایی بنیاد
ناوە کە حەزقیای باوکی ڕووخاندنی، هەروەها چەند
قوربانگایەکی بۆ بەعلەکان دانا و ستوونە ئەشێراکانی
دروستکرد و کڕنۆشی بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان
برد و ئەوانی پەرست. [٤]چەند قوربانگایەکیشی لە
پەرستگای یەزدان بنیاد نا، ئەوەی یەزدان لەبارەیەوە
فەرمووبووی: «بۆ هەتاهەتایە ناوم لە ئۆرشەلیمدا
دەبێت.» [٥]لە هەردوو حەوشەکەی پەرستگای یەزدان
قوربانگای بۆ هەموو هێزەکانی ئاسمان بنیاد نا.
[٦]ئەوە بوو لە دۆڵی بەن‌هینۆم کوڕەکانی خۆی بەناو
ئاگردا تێپەڕاند، بەخت خوێندنەوە و فاڵگرتنەوە
و جادووگەری کرد، نێوانگر[a] و ڕۆح ئامادەکاری[b]
بەکارهێنا، لەبەرچاوی یەزدان خراپەی زیاتریشی کرد
بۆ پەستکردنی.

[٧]هەروەها ئەو پەیکەرە داتاشراوەی کە دروستی
کردبوو، بردی و لەناو پەرستگای خودا داینا کە خودا
لەبارەیەوە بە داود و سلێمانی کوڕی فەرمووبوو:
«لەم پەرستگایە و لە ئۆرشەلیم ئەوەی لەناو هەموو
هۆزەکانی ئیسرائیل هەڵمبژاردووە بۆ هەتاهەتایە
ناوی خۆمی تێدا دادەنێم. [٨]جارێکی دیکە وا ناکەم
ئیسرائیل ئەو خاکە بەجێبهێڵێت کە بۆ باوباپیرانیان
دیاریم کرد، تەنها ئەگەر ئاگاداربن لە جێبەجێکردنی
هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون لە ڕێگەی
موساوە لە هەموو فێرکردن و فەرز و حوکمەکان.»
[٩]بەڵام مەنەشە، یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیمی
گومڕا کرد، هەتا لەو گەلانە خراپتر بکەن کە یەزدان
لەبەردەم نەوەی ئیسرائیلدا قڕی کردن.
[١٠]یەزدان لەگەڵ مەنەشە و گەلەکەیدا دوا،
بەڵام گوێیان نەگرت. [١١]ئیتر یەزدان سەرکردەکانی
هێزەکانی پاشای ئاشوری هێنایە سەریان، ئەوانیش
مەنەشەیان بە دیل گرت و لووتەوانەیان کردە لووتی
و بە زنجیری بڕۆنز کۆتیان کرد و بردیان بۆ بابل.
[١٢]لە تەنگانەدا لە یەزدانی خودای خۆی پاڕایەوە و
لەبەردەم خودای باوباپیرانیدا خۆی زۆر نزم کردەوە.
[١٣]نوێژی کرد، خوداش وەڵامی دایەوە و گوێی لە
پاڕانەوەکەی گرت، گەڕاندییەوە ئۆرشەلیم بۆ سەر
تەختی پاشایەتییەکەی خۆی. ئەو کاتە مەنەشە زانی
کە یەزدان خودایە.

[١٤]پاشان ئەو شوورایەی بنیاد نایەوە کە لە
دەرەوەی شاری داود بوو بەلای ڕۆژئاوای کانی
گیحۆن لە دۆڵەکە هەتا دەگاتە دەروازەی ماسی،
بەدەوری گردی عۆفەل و زۆر بەرزی کردەوە و
سەرکردەکانی سوپای لە هەموو شارە قەڵابەندەکان
لە یەهودا دانا.

[١٥]هەروەها خوداوەندە نامۆکان و پەیکەرە
داتاشراوەکەی ناو پەرستگای یەزدان و هەموو
ئەو قوربانگایانەی لە کێوی پەرستگای یەزدان و
ئۆرشەلیمدا بنیادی نا، لای بردن و فڕێیدانە دەرەوەی
شارەکە. [١٦]ئینجا قوربانگاکەی یەزدانی نۆژەن
کردەوە، قوربانی هاوبەشی و قوربانی سوپاسگوزاری
لەسەر سەربڕی و فەرمانی بە خەڵکی یەهودا
کرد کە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بپەرستن.
[١٧]لەگەڵ ئەمەش گەل هێشتا لە نزرگەکانی سەر
بەرزاییەکان قوربانییان سەردەبڕی، بەڵام تەنها بۆ
یەزدانی پەروەردگاری خۆیان.

[١٨]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی مەنەشە و
نزاکەی لە خودا و قسەکانی ئەو کەسانەی کە بە
ناوی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلەوە پەیامیان
پێ ڕادەگەیاند، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی

---

[a] ٦ نێوانگر: لێرە بەو واتایە دێت، کەسێکە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرە لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا.

[b] ٦ ڕۆح ئامادەکار: بەو کەسە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکات. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣؛ ٨-٩.

پاشاکانی ئیسرائیل[a] تۆمار کران. [١٩]نوێژەکەی و چۆن خودا وەڵامی دایەوە، لەگەڵ گوناه و ناپاکییەکانی، ئەو شوێنانەی کە پێش ئەوەی خۆی نزم کردەوە نزرگەکانی سەر بەرزایی تێدا بنیاد نان، ستوونە ئەشێرا و بتەکانی دانا، لە تۆمارەکانی ئەوانەدا نووسراون کە پەیامی خودایان ڕادەگەیاند.

[٢٠]مەنەشە لەگەڵ باوباپیرانی سەری نایەوە و لە کۆشکەکەی خۆیدا ناشتیان. ئیتر ئامۆنی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی ئامۆن

[٢١]ئامۆن گەنجێکی بیست و دوو ساڵان بوو کاتێك بوو بە پاشا، دوو ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [٢٢]ئەمیش وەك مەنەشەی باوکی لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد. قوربانی بۆ هەموو ئەو بتانە سەربڕی کە مەنەشەی باوکی دروستی کردن، ئامۆن هەموو ئەوانی پەرست. [٢٣]لەبەردەم یەزداندا خۆی نزم نەکردەوە، وەك مەنەشەی باوکی خۆی نزم کردەوە، بەڵکو زیاتر خۆی تاوانبار کرد.

[٢٤]خزمەتکارەکانی ئامۆن پیلانیان لە دژی ئامۆن گێڕا و لە کۆشکەکەی خۆی کوشتیان. [٢٥]ئینجا گەلی خاکەکە هەموو پیلانگێڕەکانی ئامۆن پاشایان کوشت، هەروەها یۆشیای کوڕییان لە جێی ئەو کردە پاشا.

## چاکسازییەکانی یۆشیا

٣٤ یۆشیا کوڕێکی هەشت ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سی و یەك ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [٢]یۆشیا ئەوەی ڕاست بوو لەبەرچاوی یەزدان کردی، ڕێبازەکەی داودی باپیرە گەورەی پەیڕەو کرد، بەلای ڕاست و چەپدا لای نەدا.

[٣]لە هەشتەمین ساڵی پاشایەتییەکەیدا کە هێشتا مێردمنداڵ بوو، ڕووی لە خودای داودی باپیرە گەورەی کرد. لە دوازدەیەمین ساڵیدا دەستی بە پاککردنەوەی یەهودا و ئۆرشەلیم کرد لە نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان، ستوونە ئەشێراکان و بتە داتاشراو و داڕێژراوەکان. [٤]لەبەردەمیدا قوربانگاکانی بەعلیان ڕووخاند و قوربانگاکانی بخوور کە لە سەرەوە لەسەریان دانرا بوون پارچەپارچەی کردن، ستوونە ئەشێراکان و بتە داتاشراو و داڕێژراوەکانی شکاند و کوتای و بە بای کردن بەسەر گۆڕی ئەوانەی قوربانییان بۆ سەردەبڕین. [٥]ئێسکی کاهینەکانیشی لەسەر قوربانگاکانیان سووتاند و یەهودا و ئۆرشەلیمی پاککردەوە. [٦]لە شارۆچکەکانی مەنەشە و ئەفرایم و شیمۆن و هەتا نەفتالی، هەروەها لە کەلاوەکانی دەوروبەریان [٧]قوربانگاکان و ستوونە ئەشێراکانی ڕووخاند و پەیکەری بتەکانی ورد کوتی و هەموو قوربانگاکانی بخووریشی پارچەپارچە کرد. لە هەموو خاکی ئیسرائیلدا بەو شێوەیەی کرد، ئینجا گەڕایەوە بۆ ئۆرشەلیم.

[٨]هەروەها لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتی یۆشیادا، پاش ئەوەی خاکەکە و پەرستگاکەی پاککردەوە، شافانی کوڕی ئەچەلیاهو و مەعسێیاهوی سەرۆکی شارەکە و یۆئاحی کوڕی یۆئاحازی تۆمارکاری نارد، بۆ چاککردنەوەی پەرستگای یەزدانی پەروەردگاری خۆی.

[٩]ئەوانیش هاتن بۆ لای حیلقیای سەرۆکی کاهین و ئەو زیوەیان پێیدا کە هاتووەتە ناو پەرستگای خوداوە، ئەوەی لێڤییەکان چاودێرانی دەرگاکان لە خەڵکی مەنەشە و ئەفرایم و هەموو ئەوانەی لە ئیسرائیل مابوونەوە کۆیان کردبوونەوە، هەروەها لە هەموو خەڵکی یەهودا و بنیامین و دانیشتووانی ئۆرشەلیم. [١٠]ئینجا دایانە دەست سەرپەرشتیارەکانی کارەکەی پەرستگای یەزدان، ئەوانیش دایانە ئەوانەی لە پەرستگای یەزدان کاریان دەکرد، بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکە. [١١]هەروەها دایانە دارتاش و بیناسازەکان هەتا بەردی داتاشراو و داری پێ بکڕن بۆ کاریتە و دارەڕای بنمێچی ئەو تەلارانەی کە بەهۆی کەمتەرخەمی پاشاکانی یەهوداوە، وێران ببوون.

[١٢]پیاوەکان بە دەستپاکییەوە کارەکەیان

[a] ١٨ ئیسرائیل: مەبەستی لە یەهودایە، لێرە و لە زۆر شوێنی دیکە لە دووەم پوختەی مێژوو.

دەکرد، لەژێر سەرپەرشتی یەحەت و عۆبەدیا کە هەردووکیان لێڤی و سەر بە نەوەی مەراری بوون و زەکەریا و مەشولام سەر بە نەوەی قەهاتییەکان بۆ سەرپەرشتی. لە لێڤییەکانیش هەموو ئەوانەی لە ئامێرە مۆسیقییەکان شارەزا بوون [١٣]سەرپەرشتیار بوون بەسەر بارهەڵگرەکان و بەسەر هەموو ئەوانەی کارەکەیان دەکرد، لە خزمەتە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە لێڤییەکان خامەی نهێنی و سەرقەڵەم و دەرگاوانیان تێدابوو.

## دۆزینەوەی پەڕتووکی تەورات

[١٤]کاتێك خەریکی دەرهێنانی ئەو زیوە بوون کە هاتبووە ناو پەرستگای یەزدان، حیلقیای کاهین پەڕتووکی تەوراتی یەزدانی دۆزییەوە کە لە ڕێگەی موساوە درابوو. [١٥]جا حیلقیا بە شافانی خامەی نهێنی گوت: «لە پەرستگای یەزدان پەڕتووکی تەوراتم دۆزیوەتەوە.»

[١٦]ئینجا شافان پەڕتووکەکەی بۆ لای پاشا برد و پێی ڕاگەیاند: «هەموو ئەوەی بە دەست خزمەتکارەکانت سپێردراوە دەیکەن. [١٧]ئەو زیوەی لەناو پەرستگای یەزداندا هەبوو بەتاڵیان کردووە و داویانەتە دەست سەرپەرشتیارەکان و ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستن.» [١٨]هەروەها شافانی خامەی نهێنی بە پاشای گوت: «حیلقیای کاهین پەڕتووکێکی پێداوم.» ئینجا شافان لەبەردەم پاشادا لە پەڕتووکەکەی خوێندەوە.

[١٩]کە پاشا گوێی لە وشەکانی تەورات بوو، جلەکانی لەبەر خۆی دادڕی و [٢٠]پاشا فەرمانی بە حیلقیا و ئەحیقامی کوڕی شافان و عەڤدۆنی کوڕی میخا[a] و شافانی خامەی نهێنی و عەسایای خزمەتکاری خۆی کرد و پێی گوتن: [٢١]«بڕۆن و پرسیار لە یەزدان بکەن لە پێناوی من و لە پێناوی ئەوانەی لە ئیسرائیل و یەهودا ماونەتەوە، سەبارەت بە پەیامی ئەم پەڕتووکەی کە دۆزراوەتەوە، چونکە ئەو تووڕەییەی یەزدان کە بەسەرماندا ڕژاوە مەزنە، لەبەر ئەوەی باوباپیرانمان وشەکانی یەزدانیان نەپاراستووە هەتا بەپێی هەموو ئەوەی لەم پەڕتووکەدا هاتووە کار بکەن.»

[٢٢]ئینجا حیلقیا لەگەڵ ئەوانەی پاشا فەرمانی پێ کردن چوونە لای حولدای پێغەمبەر کە ژنی شەلومی کوڕی تۆقهەتی[b] کوڕی حەسرای[c] لێپرسراوی جلوبەرگەکانی پەرستگا بوو، ئەو لە گەڕەکی دووەمی ئۆرشەلیم دەژیا، ئیتر قسەیان لەگەڵی کرد. [٢٣]ئەویش پێی گوتن: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بەو پیاوە بڵێن کە ئێوەی بۆ لای من ناردووە، [٢٤]"یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من وا بەڵا بەسەر ئەم شوێنە و دانیشتووانەکەی دەهێنم، بەپێی هەموو ئەو نەفرەتانەی لەو پەڕتووکە نووسراوە، ئەوەی لەبەردەم پاشای یەهودا خوێندیانەوە. [٢٥]لەبەر ئەوەی وازیان لێ هێنام و بخووریان بۆ خوداکانی دیکە سووتاند هەتا بە هەموو کارەکانی دەستیان پەستم بکەن، تووڕەییم بەسەر ئەم شوێنەدا دەڕژێت و ناکوژێتەوە." [٢٦]بەڵام بە پاشای یەهودا ئەوەی ئێوەی ناردووە پرسیار لە یەزدان بکەن بڵێن، "یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل سەبارەت بەو وشانەی گوێت لێ بوو ئەوە دەفەرموێت: [٢٧]لەبەر ئەوەی کاتێك گوێت لە پەیامەکەی بوو لە دژی ئەم شوێنە و دانیشتووانەکەی لەبەردەم خودا دڵت نەرم بوو و خۆتت نزم کردەوە، جلەکانت لەبەر خۆتدا دادڕی و لەبەردەممدا گریایت، هەروەها منیش گوێم لێت بوو. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. [٢٨]ئێستا من دەتخەمە پاڵ باوباپیرانت، جا بە ئاشتییەوە لە گۆڕەکەت دەنرێیت. ئەو هەموو کارەساتە نابینی کە من بەسەر ئەم شوێنە و دانیشتووانەکەیدا دەهێنم."»

ئەوانیش وەڵامەکەیان بۆ پاشا بردەوە.

[٢٩]ئینجا پاشا ناردی و هەموو پیرانی یەهودا و ئۆرشەلیمی کۆکردەوە. [٣٠]لەگەڵ هەموو گەلی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم، کاهین و لێڤییەکان و هەموو گەل لە گەورەوە هەتا بچووك چوونە

[a] ٢٠ عەڤدۆنی کوڕی میخا: هەروەها عەکبۆر کوڕی میخایو.

[b] ٢٢ یان تیقڤا، بڕوانە دووەم پاشایان ١٤:٢٢.

[c] ٢٢ یان حەرحەس، بڕوانە دووەم پاشایان ١٤:٢٢.

پەرستگای یەزدان. لەبەردەمیان تەواوی وشەکانی پەڕتووکی پەیمانی خوێندەوە، ئەوەی لە پەرستگای یەزدان دۆزرابووەوە. [٣١]پاشا لەلای کۆڵەکەکە ڕاوەستا و لەبەردەم یەزدان پەیمانی دا[a] کە دوای یەزدان بکەوێت و بە هەموو دڵ و گیانییەوە فەرمان و یاسا و فەرزەکانی بەجێبهێنێت، بۆ ئەوەی وشەکانی ئەم پەیمانەی لەم پەڕتووکەدا نووسراوە پەیڕەو بکرێت.

[٣٢]پاشا داوای لە هەموو ئامادەبووان کرد لە ئۆرشەلیم و بنیامین کە سوێند بخۆن، جا دانیشتووانی ئۆرشەلیمیش ئەوەیان کرد بەگوێرەی پەیمانی خودا، خودای باوباپیرانیان.

[٣٣]یۆشیا هەموو بتە قێزەونەکانی لە هەموو هەرێمەکانی ئیسرائیل داماڵی و کارێکی وای کرد کە هەموو ئەو کەسانەی لە خاکی ئیسرائیل نیشتەجێ بوون یەزدانی پەروەردگاریان بپەرستن. بە درێژایی ژیانی ئەو خەڵکی لایان نەدا لە پەرستنی یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان.

## یۆشیا لە جەژنی پەسخە

٣٥ یۆشیا لە چواردەی مانگی یەك لە ئۆرشەلیم جەژنی پەسخەی بۆ یەزدان گێڕا و بەرخی پەسخەی کردە قوربانی. [٢]کاهینەکانی لەسەر ئەرکەکانی خۆیان دانا و هانی دان بۆ خزمەتکردنی پەرستگای یەزدان. [٣]بەو لێڤییانەی گوت کە هەموو ئیسرائیلیان فێر دەکرد، ئەوانەی بۆ یەزدان تەرخان کرابوون: «سندوقی پیرۆز لەناو ئەو پەرستگایەدا دابنێن کە سلێمانی کوڕی داودی پاشای ئیسرائیل بنیادی نا، چیتر بەشان هەڵیمەگرن، ئێستاش یەزدانی پەروەردگارتان بپەرستن و خزمەتی ئیسرائیلی گەلی بکەن و [٤]بنەماڵەکانتان بەپێی تیرەکان ئامادە بکەن، بەگوێرەی ئەو نووسراوەی داودی پاشای ئیسرائیل و هەروەها نووسراوەکەی سلێمانی کوڕی.

[٥]«لە پیرۆزگادا بەپێی کۆمەڵەی بنەماڵەی

[a] ٣١ ئەم پەیمان بەستنە وەك تازەکردنەوەی ئەو پەیمانەی کۆن کە یەزدان لەگەڵ موسا و گەلەکەی بەستبوو، بڕوانە دەرچوون ٢٤:٣-٨.

براکانتان لە کوڕانی گەل و کۆمەڵەی بنەماڵەکانی لێڤی ڕابوەستن. [٦]ئەو کاتە بەرخی پەسخە سەرببڕن و خۆتان تەرخان بکەن و ئامادەکاری بۆ براکانتان بکەن بۆ ئەوەی بەپێی فەرمایشتی خودا لە ڕێگەی موساوە، کار بکەن.»

[٧]یۆشیا لە مێگەل، سی هەزار سەر بەرخ و گیسکی بۆ قوربانی پەسخە دابین کرد، لە گاگەلیش سێ هەزار سەری بە گەل بەخشی. هەموو ئەمە لە سامانی پاشا بوو بۆ ئەوانە لە گەل کە ئامادە بوون.

[٨]هەروەها کاربەدەستەکانیشی بە خواستی خۆیان پیتاکیان بە گەل، بە کاهین و لێڤییەکان بەخشی. حیلقیا، زەکەریا و یەحیێلی لێپرسراوانی پەرستگای خودا دوو هەزار و شەش سەد سەر لە مێگەل بۆ قوربانی[b] پەسخە، هەروەها سێ سەد سەر لە گاگەلیان بە کاهینەکان بەخشی. [٩]کۆنەنیاهو و براکانیشی، شەمەعیا و نەتەنێل، لەگەڵ حەشەڤیا و یەعیێل و یۆزاڤاد سەرکردەکانی لێڤییەکان، پێنج هەزار سەر لە مێگەلیان بۆ قوربانی پەسخە دابین کرد، هەروەها پێنج سەد سەر لە گاگەلیان بە لێڤییەکان بەخشی.

[١٠]بەو شێوەیە خزمەتەکە ڕێکخرا و کاهینەکان شوێنەکانی خۆیان گرت و لێڤییەکانیش لە بەشەکانی خۆیان بەپێی فەرمانی پاشا. [١١]بەرخەکانی پەسخەیان سەربڕی و کاهینەکان بە دەستیان خوێنەکەیان دەپرژاند، بەڵام لێڤییەکان کەوڵیان دەکرد. [١٢]ئینجا قوربانی سووتاندنەکەیان جیا کردەوە هەتا بەپێی بەشەکانی بنەماڵەکان بە کوڕانی گەلی بدەن، بۆ ئەوەی بۆ یەزدانی پێشکەش بکەن بەپێی ئەوەی لە پەڕتووکی موسادا نووسراوە، بۆ گایەکانیش بە هەمان شێوە. [١٣]بەپێی ڕێوڕەسم قوربانییەکانی پەسخەیان بە ئاگر برژاند، بەڵام پێشکەشکراوە پیرۆزەکانی دیکەیان لەناو مەنجەڵ و مەنجەڵی گەورە و تاوەدا کوڵاند و دەستوبرد بەسەر گەلدا دابەشیان کرد. [١٤]پاشان هەمان خواردنیان بۆ خۆیان و بۆ کاهینەکان ئامادە

[b] ٨ قوربانی ڕۆژی پەسخە بەرخ یان گیسك بوو. بڕوانە دەرچوون ١٢:٥.

کرد، چونکە کاهینەکان لە نەوەی هارون هەتا شەو خەریکی پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندنەکان و پیوەکە بوون. لەبەر ئەوە لێڤییەکان بەشیان بۆ خۆیان و بۆ کاهینەکان لە نەوەی هارون ئامادە کرد.

[15] گۆرانیبێژەکانیش لە نەوەی ئاساف لە شوێنی خۆیان بوون، بەپێی فەرمانی داود، ئاساف، هێیمان و یەدوتون کە پەیامی خودای بە پاشا ڕادەگەیاند. پێویست نەبوو دەرگاوانی دەروازەکانیش شوێنی چاودێریکردنەکەیان بەجێبهێڵن، چونکە برا لێڤییەکانیان بەشیان بۆ ئامادە کردن.

[16] بەو شێوەیە هەموو خزمەتەکەی یەزدان لەو کاتەدا جێبەجێ کرا بۆ کردنی جەژنی پەسخە و سەرخستنی قوربانی سووتاندنەکان لەسەر قوربانگاکەی یەزدان بەپێی فەرمانی یۆشیای پاشا. [17] هەموو نەوەی ئیسرائیل، ئامادەبووان لەو کاتەدا جەژنی پەسخەیان گێڕا و حەوت ڕۆژیش جەژنی فەتیرەیان گێڕا. [18] لە سەردەمی ساموئێلی پێغەمبەرەوە جەژنی پەسخەی بەو شێوەیە لە ئیسرائیل نەگێڕدرابوو؛ هیچ پاشایەکی ئیسرائیلیش جەژنێکی پەسخەی نەگێڕابوو وەك ئەوەی یۆشیا گێڕای لەگەڵ کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو خەڵکی یەهودا و ئیسرائیل کە لەگەڵ دانیشتووانی ئۆرشەلیم ئامادە بوون. [19] لە هەژدەیەمین ساڵی پاشایەتی یۆشیا ئەم جەژنەی پەسخە گێڕدرا.

## مردنی یۆشیا

[20] پاش هەموو ئەمانە کە یۆشیا پەرستگاکەی ئامادە کرد، نەخوی پاشای میسر چوو بۆ شەڕ لە کەرکەمیش لەلای ڕووباری فورات، یۆشیاش چوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی. [21] بەڵام نەخو نێردراوی بۆ نارد و گوتی: «ئەی پاشای یەهودا، چ کێشەیەك لە نێوان من و تۆ هەیە؟ ئەمڕۆ لە دژی تۆ نەهاتووم، بەڵکو لە دژی ئەو ماڵەی جەنگی لەگەڵ دەکەم. خودا فەرموویەتی پەلە بکەم. لەبەر ئەوە واز لە دژایەتی خودا بهێنە کە لەگەڵمدایە، با لەناوت نەبات.»

[22] بەڵام یۆشیا پێداگری کرد و گوێی لە قسەکانی نەخو نەگرت کە لە دەمی خوداوە بوو، بەڵکو شێوەی خۆی گۆڕی و چوو لە دەشتی مەگیدۆ شەڕی لەگەڵ کرد.

[23] تیرهاوێژەکان یۆشیا پاشایان پێکا و پاشاش بە ئەفسەرەکانی گوت: «بمگوازنەوە، چونکە برینەکەم سەختە.» [24] ئیتر خزمەتکارەکانی لە گالیسکەکەیەوە بۆ گالیسکەکەی دیکەی گواستیانەوە و بردیان بۆ ئۆرشەلیم، لەوێ مرد و لە گۆڕستانی باوباپیرانیدا نێژرا و هەموو یەهودا و ئۆرشەلیمیش شیوەنیان بۆ گێڕا.

[25] یەرمیاش بۆ یۆشیای لاواندەوە و هەموو پیاو و ژنە گۆرانیبێژەکانیش ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لە لاواندنەوەکانیان شیوەن بۆ یۆشیا دەگێڕن و کردیان بە فەرز بەسەر ئیسرائیلەوە و لە پەڕتووکی لاواندنەوە نووسراوە.

[26] ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یۆشیا و کردەوە چاکەکانی بەپێی ئەوەی لە تەوراتی یەزداندا نووسراوە و [27] کاروبارەکانی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، لە پەڕتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهودا تۆمار کراون.

٣٦ ئینجا گەلی خاکەکە یەهۆئاحازی کوڕی یۆشیایان برد و لە جێی باوکی لە ئۆرشەلیمدا کردیانە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆئاحاز

[2] یەهۆئاحاز گەنجێکی بیست و سێ ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سێ مانگ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. [3] دوای ئەوە پاشای میسر یەهۆئاحازی لە ئۆرشەلیم لابرد و سەرانەی بەسەر یەهودادا سەپاند، سەد تالنت زیو[a] و تالنتێك زێڕ[b]. [4] پاشای میسر ئەلیاقیمی برای یەهۆئاحازی کرد بە پاشای یەهودا و ئۆرشەلیم، ناوەکەی گۆڕی بۆ یەهۆیاقیم، بەڵام نەخو یەهۆئاحازی برای برد و هێنای بۆ میسر.

[a] ٣ کەمێك زیاتر لە ٣,٤ تەنی زیو دەبوو.
[b] ٣ تالنتێك زێڕ: نزیکەی ٣٤ کیلۆگرام.

## پاشایەتی یەهۆیاقیم

[٥]یەهۆیاقیم گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یازدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، لەبەرچاوی یەزدانی خودای خۆی خراپەکاری کرد. [٦]نەبوخودنەسری پاشای بابل پەلاماری دا و بە زنجیری برۆنز کۆتی کرد هەتا بۆ بابلی ببات. [٧]هەروەها نەبوخودنەسر هەندێك لە قاپوقاچاغەکانی پەرستگای یەزدانی هێنا بۆ بابل و خستنییە ناو پەرستگاکەی خۆیەوە لە بابل.

[٨]ڕووداوەکانی دیکەی پاشایەتی یەهۆیاقیم و کارە قێزەونەکانی کە کردی و ئەوەی لە ئەودا بینرا، لە پەڕتووکی پاشاکانی ئیسرائیل و یەهودا تۆمار کراون. ئیتر یەهۆیاکینی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## پاشایەتی یەهۆیاکین

[٩]یەهۆیاکین گەنجێکی هەژدە[a] ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، سێ مانگ و دە ڕۆژ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد. [١٠]لە بەهاری ساڵ نەبوخودنەسر پاشا ناردی بەدوایدا و لەگەڵ قاپوقاچاغە بەنرخەکانی پەرستگای یەزدان هێنای بۆ بابل و سدقیای مامی یەهۆیاکین بوو بە پاشای یەهودا و ئۆرشەلیم.

## پاشایەتی سدقیا

[١١]سدقیا گەنجێکی بیست و یەك ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یازدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد، [١٢]لەبەرچاوی یەزدانی پەروەردگاری خۆی خراپەکاری کرد، لەبەردەم یەرمیا پێغەمبەر خۆی نزم نەکردەوە کە بە فەرمایشتی یەزدان ئاگاداری کردەوە. [١٣]هەروەها لە نەبوخودنەسری پاشا هەڵگەڕایەوە پاش ئەوەی بە خودا سوێندی دا، جا کەللەڕەقی کرد و دڵی کرد بە بەرد لە ئاست گەڕانەوە بۆ لای یەزدانی خودای ئیسرائیل. [١٤]تەنانەت هەموو کاهینە باڵاکان و گەل ناپاکی زۆریان کرد بەپێی هەموو نەریتە قێزەونەکانی نەتەوەکان، ئەو پەرستگایەی یەزدانیان گڵاوکرد کە یەزدان لە ئۆرشەلیمدا تەرخانی کردبوو.

## ڕووخاندنی شاری ئۆرشەلیم

[١٥]یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانیان بەردەوام لە ڕێگەی نێردراوەکانییەوە پەیامی بۆ دەناردن، چونکە بەزەیی بە گەلەکەی و بە ماڵەکەیدا هاتەوە. [١٦]بەڵام گاڵتەیان بە نێردراوەکانی خودا کرد و نرخیان بۆ وشەکانی ئەو دانەنا و سووکایەتییان بە پێغەمبەرەکانی کرد، هەتا تووڕەیی یەزدان لە گەلەکەی وروووژا، بە ڕادەیەك کە چارەسەر نەبوو. [١٧]ئیتر پاشای بابلییەکانی نادە سەریان و لە پیرۆزگاکەیاندا گەنجەکانی ئەوانی بە شمشێر کوشت و بەزەیی بە کوڕ و کچی گەنج و پیر و ڕیش سپیدا نەهاتەوە، بەڵکو هەموویانی دا بە دەستی نەبوخودنەسرەوە. [١٨]هەموو قاپوقاچاغەکانی پەرستگای خودا لە گەورە و بچووك، گەنجینەکانی پەرستگای یەزدان، گەنجینەکانی پاشا و کاربەدەستەکانی، هەمووی بۆ بابل هێنا. [١٩]پەرستگای خودایان سووتاند و شووراکەی ئۆرشەلیمیان ڕووخاند و هەموو کۆشکەکانیان سووتاند و هەموو قاپوقاچاغە بەهادارەکانیان لەناوبرد.

[٢٠]ئەوانەی مانەوە و بە شمشێر نەکوژران، ڕاپێچی کردن بۆ بابل، جا بۆ خۆی و بۆ کوڕەکانی بوون بە خزمەتکار هەتا کاتی بەهێزبوونی شانشینی فارس. [٢١]هەتا هاتنەدی فەرمایشتی یەزدان لەسەر زاری یەرمیا، هەتا زەوییەکە بە تەواوی پشووی دا، چونکە لە ماوەی کاولبوونیدا پشووی دا هەتا تەواوبوونی حەفتا ساڵ.

[٢٢]لە ساڵی یەکەمی کۆرشی پاشای فارس، بۆ بەدیهێنانی پەیامی یەزدان کە لەسەر زاری یەرمیاوە فەرمووبووی، یەزدان ڕۆحی کۆرشی پاشای فارسی هەژاند. ئینجا بانگەوازێکی بەناو هەموو شانشینەکەیدا ڕاگەیاند، هەروەها بە نووسراویش فەرمانی دا:

[a] ٩ هەژدە ساڵ: بڕوانە دووەم پاشایان ٨:٢٤.

٢٣«کۆرشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت:

«”یەزدان، خودای ئاسمان هەموو شانشینەکانی زەوی داوەتە دەستم، ڕایسپاردووم پەرستگایەکی لە ئۆرشەلیمی یەهودا بۆ بنیاد بنێم. کێ لە ئێوە سەر بە گەلەکەی ئەوە، با یەزدان، خودای خۆی لەگەڵ بێت و بڕوات.“»

# عەزرا

## کورتە باسێك

**لە وەڵامدانەوەی خودا بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکانی، دەبێ گەلی خودا بگەڕێنەوە لای خودا، خۆیان چاك بکەن و شەریعەتی خودا پەیڕەو بکەن، یان وردتر بڵێین، بەپێی تەوراتی خودایان بڕۆن.** (نەحەمیا ٢٩:١٠).

پەڕتووکی عەزرا نزیکەی (٤٤٠) ساڵ بەر لە زایین بە سروشی ڕۆحی پیرۆز نووسراوەتەوە، وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگ تێیدا بابەتی گەڕانەوەی گەلی خودا لە ڕاپێچکراوی باس دەکات. لەدوای ئەوەی نووسەر باسی کاروانی یەکەمی گەڕانەوە و چۆنیەتی دروستکردنی پەرستگا دەکات دێتە سەر باسی ئەو کێشانە کە ڕووبەڕووی گەل بوونەوە، لەگەڵ ئەو تەنگانە و ناخۆشییانەی چێژتیان، بە تایبەتی لە کاروانی یەکەم کە بۆ ماوەیەك تێیدا کارەکان ڕاوەستان. بەڵام کۆڵیان نەدا و بەردەوام بوون لە بنیادنان هەتا تەواوبوونی پەرستگا و تەرخانکردنی بۆ شکۆمەندی خودا. هەروەها ئەم پەڕتووکە بە وردی باسی خزمەتەکانی عەزرا و نزا و پاڕانەوەکانی دەکات لە پێناو ئەو خەڵکەی لەنێو گەلی خودا گوناهیان کرد بەوەی کە لەدوای گەڕانەوەیان لە ڕاپێچکراوی ژنی نەتەوەکانی دیکەیان هێنا.

کاتێك گەلی ئیسرائیل لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە لەمەدا بەجێهێنانی بەڵێنی خودایان بینی کە خودا بە تەواوی پشتگوێیان ناخات و واز لە خۆشویستنیان ناهێنێ، سەرەڕای ئەو سزایەی بەهۆی گوناهەکانیان بەسەری هێنان. لە قووڵترین نهێنییە خودایيەکان بەردەوام خودا جیهانی خۆشدەوێ و گرنگی پێدەدات، سەرباری یاخیبوونی مرۆڤ لە خودا، خودا داوا لە مرۆڤ دەکات بەردەوام ئەو بپەرستن. کاتێك گەلی خودا کارکردنیان لە پەرستگا ڕاگرت بەهۆی بێهیوابوونیان خودا حەگی و زەکەریای پێغەمبەری نارد بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە تەواوکردنی پەرستگای خودا.

## پشتگیری کۆرش بۆ گەڕانەوەی ڕاپێچکراوەکان

١ لە ساڵی یەکەمی کۆرشی پاشای فارس، بۆ بەدیهێنانی پەیامی یەزدان کە لەسەر زاری یەرمیاوە فەرمووبووی، یەزدان ڕۆحی کۆرشی پاشای فارسی هەژاند. ئینجا بانگەوازێکی بەناو هەموو شانشینەکەیدا ڕاگەیاند، هەروەها بە نووسراویش فەرمانی دا:

٢ «کۆرشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت:

«”یەزدان، خودای ئاسمان هەموو شانشینەکانی زەوی داوەتە دەستم، ڕایسپاردووم پەرستگایەکی لە ئۆرشەلیمی یەهودا بۆ بنیاد بنێم. ٣ کێ لە ئێوە سەر بە گەلەکەی ئەوە، با خودای خۆی لەگەڵ بێت و بەرەو ئۆرشەلیمی یەهودا بڕوات، پەرستگاکەی یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد بنێتەوە. ئەو ئەو خودایەیە کە لە ئۆرشەلیمە. ٤ هەرکەسێکیش لە هەر شوێنێك کە تێیدا ئاوارەیە و ماوەتەوە، با دانیشتووانی شوێنەکەی بە زێڕ و زیو و کەلوپەل و ئاژەڵی ماڵی یارمەتی بدەن، لەگەڵ ئەو بەخشینە ئازادانەی[a] کە دەیبەخشن بۆ پەرستگای خودا لە ئۆرشەلیم.“»

٥ ئینجا گەورەی بنەماڵەکانی یەهودا و بنیامین لەگەڵ کاهین و لێڤییەکان، هەموو ئەوانەی خودا ڕۆحی هەژاندن، هەستان بۆ ئەوەی بچنە ئۆرشەلیم تاکو لەوێ ماڵەکەی یەزدان بنیاد بنێنەوە. ٦ هەموو دراوسێکانیان بە قاپوقاچاغی زێڕ و زیو، بە کەلوپەل و ئاژەڵی ماڵی و بە دیاری نایاب یارمەتییان دان، سەرباری هەموو بەخشینە ئازادەکان. ٧ کۆرشی

---

[a] ٤ بەخشینە ئازاد: بڕوانە دەرچوون ٢٩:٣٥ و ٣:٣٦.

پاشاش قاپوقاچاغەکانی پەرستگای یەزدانی دەرهێنا، ئەوانەی نەبوخودنەسر لە ئۆرشەلیمەوە دەریهێنابوون و لە پەرستگای خوداوەندەکەی خۆی دایبوو. ٨ کۆرشی پاشای فارس لەسەر دەستی میترەداتی خەزنەدار دەریهێنا و بۆ شێشبەچەری میری یەهودای ژماردن.
٩ ئەمەش ژمارەکەیانە:

سی لەگەنی زێڕین و هەزار لەگەنی زیوین؛
بیست و نۆ تاوەی زیوین؛
١٠ سی پەرداخی زێڕین لەگەڵ چوار سەد و دە پەرداخی زیوین؛
هەزار پارچە قاپوقاچاغی دیکە.

١١ هەموو ئەو قاپوقاچاغەنەی لە زێڕ و زیو بوون، پێنج هەزار و چوار سەد پارچە بوون. لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپێچکراوەکان لە بابلەوە بۆ ئۆرشەلیم شێشبەچەر هەموو ئەمانەی لەگەڵ خۆی هێنا.

## ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە

٢ ئەمانەش خەڵکی هەرێمەکەن، ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە، ئەوانەی نەبوخودنەسری پاشای بابل بۆ بابل ڕاپێچی کردبوون، گەڕانەوە ئۆرشەلیم و یەهودا، هەریەکە بۆ شارۆچکەکەی خۆی. ٢ ئەوانەی لەگەڵ زروبابل هاتنەوە، یەشوع، نەحەمیا، سەرایا، ڕەعێلایا، مۆردەخای، بیلشان، میسپار، بیگڤەی، ڕەحوم و بەعەنا.
ژمارەی پیاوانی گەلی ئیسرائیل:

٣ نەوەی پەرعۆش، دوو هەزار و سەد و حەفتا و دوو؛
٤ نەوەی شەفەتیا، سێ سەد و حەفتا و دوو؛
٥ نەوەی ئارەح، حەوت سەد و حەفتا و پێنج؛
٦ نەوەی پەحەتمۆئاب لە نەوەی یێشوع و یۆئاب، دوو هەزار و هەشت سەد و دوازدە؛
٧ نەوەی ئیلام، هەزار و دوو سەد و پەنجا و چوار؛
٨ نەوەی زەتو، نۆ سەد و چل و پێنج؛
٩ نەوەی زەکای، حەوت سەد و شەست؛
١٠ نەوەی بانی، شەش سەد و چل و دوو؛
١١ نەوەی بێڤەی، شەش سەد و بیست و سێ؛
١٢ نەوەی عەزگاد، هەزار و دوو سەد و بیست و دوو؛
١٣ نەوەی ئەدۆنیقام، شەش سەد و شەست و شەش؛
١٤ نەوەی بیگڤەی، دوو هەزار و پەنجا و شەش؛
١٥ نەوەی عادین، چوار سەد و پەنجا و چوار؛
١٦ نەوەی ئاتێر لە حەزقیا، نەوەد و هەشت؛
١٧ نەوەی بێسای، سێ سەد و بیست و سێ؛
١٨ نەوەی یۆرا، سەد و دوازدە؛
١٩ نەوەی حاشوم، دوو سەد و بیست و سێ؛
٢٠ نەوەی گیبار، نەوەد و پێنج.

٢١ پیاوانی بێتلەحم، سەد و بیست و سێ؛
٢٢ پیاوانی نەتۆفا، پەنجا و شەش؛
٢٣ پیاوانی عەناتۆت، سەد و بیست و هەشت؛
٢٤ پیاوانی عەزماڤەت، چل و دوو؛
٢٥ پیاوانی قیریەت یەعاریم، کەفیرا و بئێرۆت، حەوت سەد و چل و سێ؛
٢٦ پیاوانی ڕامە و گەڤەع، شەش سەد و بیست و یەك؛
٢٧ پیاوانی میخماس، سەد و بیست و دوو؛
٢٨ پیاوانی بێتئێل و عای، دوو سەد و بیست و سێ؛
٢٩ پیاوانی نەبۆ، پەنجا و دوو؛
٣٠ پیاوانی مەگبیش، سەد و پەنجا و شەش؛
٣١ پیاوانی ئیلامەکەی دیکە، هەزار و دوو سەد و پەنجا و چوار؛
٣٢ پیاوانی حاریم، سێ سەد و بیست؛
٣٣ پیاوانی لۆد، حادید و ئۆنۆ، حەوت سەد و بیست و پێنج؛
٣٤ پیاوانی ئەریحا، سێ سەد و چل و پێنج؛
٣٥ پیاوانی سەنائا، سێ هەزار و شەش سەد و سی.
٣٦ کاهینەکان:

نەوەی یەدایا لە بنەماڵەی یێشوع، نۆ سەد و حەفتا و سێ.

٣٧ نەوەی ئیمێر، هەزار و پەنجا و دوو.
٣٨ نەوەی پەشحور، هەزار و دوو سەد و چل و حەوت.
٣٩ نەوەی حاریم، هەزار و حەڤدە.
٤٠ لێڤییەکان:

نەوەی یێشوع و قەدمیێل لە نەوەی هۆدەیڤاهو، حەفتا و چوار.
٤١ گۆرانیبێژەکان:

نەوەی ئاساف، سەد و بیست و هەشت.
٤٢ نەوەی دەرگاوانەکانی پەرستگا:

نەوەکانی
شەلوم، ئاتێر، تەلمۆن، عەقوڤ، حەتیتا و شۆڤای، هەموویان سەد و سی و نۆ.
٤٣ کۆیلە تەرخانکراوەکان[a]:

نەوەکانی
چیحا، حەسوفا، تەباعۆت،
٤٤ قێرۆس، سیعەها، پادۆن،
٤٥ لەڤانا، حەگاڤا، عەقوڤ،
٤٦ حاگاڤ، شەلمای، حانان،
٤٧ گیدێل، گەحەر، ڕەئایا،
٤٨ ڕەچین، نەقۆدا، گەزام،
٤٩ عوزە، پاسێیەح، بێسەی،
٥٠ ئەسنا، مەعونیم، نەفوسیم،
٥١ بەقبوق، حەقوفا، حەرحور،
٥٢ بەچلوت، مەحیدا، حەرشا،
٥٣ بەرقۆس، سیسرا، تەمەح،
٥٤ نەچیەح و حەتیفا.
٥٥ نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان:

نەوەکانی
سۆتەی، هەسۆفەرەت، پەرودا،
٥٦ یەعلا، دەرقۆن، گیدێل،
٥٧ شەفەتیا، حەتیل،
پۆخەرەتهەچەڤایم و ئامی.

٥٨ سەرجەم کۆیلە تەرخانکراوەکان و نەوەکانی خزمەتکارانی سلێمان، سێ سەد و نەوەد و دوو بوون.

٥٩ ئەمانەش ئەوانەن کە لە شارۆچکەکانی تێلمەلەح، تێلحەرشا، کەروڤ، ئەدۆن و ئیمێرەوە سەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی پێناسەی بنەماڵە و ڕەچەڵەکیان دیاری بکەن کە لە نەوەی ئیسرائیلن:

٦٠ نەوەکانی
دەلایا، تۆڤیا و نەقۆدا، شەش سەد و پەنجا و دوو.
٦١ لە نەوەی کاهینەکانیش:

نەوەکانی
حۆڤەیا، هەقۆچ و بەرزلای، کە کچێکی بەرزیلەیی گلعادی هێنا و بە نازناوی ئەوانەوە ناونرا.
٦٢ ئەمانە بەدوای ڕەچەڵەکنامەکانیاندا گەڕان، بەڵام نەدۆزرانەوە، لەبەر ئەوە لە کاهینیێتی قەدەغە کران. ٦٣ پارێزگارەکە پێی گوتن، نابێت لە هەرەپیرۆزەکان بخۆن هەتا ئەو کاتەی کاهینێك بۆ ئوریم و تومیم[b] دادەنرێت.

٦٤ هەموو کۆمەڵەکە پێکەوە چل و دوو هەزار و سێ سەد و شەست کەس بوون، ٦٥ جگە لە خزمەتکار و کارەکەرەکانیان کە حەوت هەزار و سێ سەد و سی و حەوت کەس بوون، هەروەها دوو سەد گۆرانیبێژی پیاو و ژنیان هەبوو. ٦٦ حەوت سەد و سی و شەش ئەسپ، دوو سەد و چل و پێنج هێستر، ٦٧ چوار سەد و سی و پێنج وشتر و شەش هەزار و حەوت سەد و بیست گوێدرێژیشیان لەگەڵدا بوو.

---

[a] ٤٣نەریتێك بووە کۆیلە دەبەخشرایە پەرستگا بۆ خزمەتکردن.

[b] ٦٣ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە دەرچوون ٢٨:‏٣٠ و یەکەم ساموئێل ٢٣:‏٩-١٢.

[٦٨]هەندێك لە گەورەی بنەماڵەكان لە كاتی گەیشتنیان بۆ ماڵی یەزدان لە ئۆرشەلیم، بە خواستی دڵی خۆیان بەخشینی ئازادیان پێشكەش كرد بۆ ماڵی یەزدان، بۆ بنیادنانەوەی ماڵی یەزدان لە شوێنەكەی خۆی. [٦٩]بەپێی توانای خۆیان بە گەنجینەی بەڕێوەبردنی كارەكەیان بەخشی، شەست و یەك هەزار درهەمی زێڕ و پێنج هەزار مەنای[a] زیو، لەگەڵ سەد كراس بۆ كاهینەكان.

[٧٠]كاهین و لێڤی و گۆرانیبێژ و دەرگاوان و كۆیلە تەرخانكراوەكان، لەگەڵ هەندێك كەسانی دیكە، لە شارۆچكەكانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون، پاشماوەی ئیسرائیلییەكانیش لە شارۆچكەكانی خۆیان نیشتەجێ بوون.

## بنیادنانەوەی قوربانگاكە

٣ كاتێك مانگی حەوت هات، نەوەی ئیسرائیل لە شارۆچكەكانی خۆیان جێگیر بوون، ئینجا گەل وەك یەك كەس لە ئۆرشەلیم كۆبوونەوە. [٢]یەشوعی كوڕی یۆچاداق و برا كاهینەكانی، لەگەڵ زروبابلی كوڕی شەئەلتیێل و هاوكارەكانی، دەستیان بە بنیادنانەوەی قوربانگاكەی خودای ئیسرائیل كرد بۆ ئەوەی قوربانی سووتاندنی لەسەر پێشكەش بكەن، هەروەك لە تەوراتی موسای پیاوی خودا نووسراوە. [٣]لەگەڵ ئەوەی ترسی گەلانی دەوروبەری لە دڵدا بوو، قوربانگاكەیان لە شوێنەكەی خۆیدا بنیاد نایەوە و قوربانی سووتاندنیان لەسەری بۆ یەزدان پێشكەش كرد، قوربانی سووتاندنی بەیانییان و ئێواران. [٤]جەژنی كەپرەشینەشیان[b] گێڕا، بەپێی ئەوەی نووسرا بوو، قوربانی سووتاندنی ڕۆژ بە ڕۆژ، بە ژمارە و بەپێی ئەوەی دیاری كرابوو، كاری هەر ڕۆژە لە ڕۆژی خۆیدا. [٥]پاشان قوربانی سووتاندنی بەردەوام و قوربانی سەرەمانگ و قوربانی هەموو جەژنە پیرۆزەكانیشیان پێشكەش كرد، بێجگە لە بەخشینە ئازادەكان كە هەر یەكێك بە خواستی دڵی خۆی پێشكەشی دەكرد. [٦]لە ڕۆژی یەكەمی مانگی حەوتەوە دەستیان پێ كرد قوربانی سووتاندن پێشكەش بە یەزدان بكەن، پەرستگای یەزدانیش هێشتا دانەمەزرابوو.

## بنیادنانەوەی پەرستگا

[٧]زیویان دایە نەقاڕ و دارتاشەكان، هەروەها خواردن و خواردنەوە و زەیتیان دایە سەیدائی و سورییەكان بۆ ئەوەی داری ئورز بە ڕێی دەریادا لە لوبنانەوە بهێننە یافا، بەپێی ئەو مۆڵەتەی كۆرشی پاشای فارس پێیدابوون.

[٨]لە ساڵی دووەمی هاتنیان بۆ ماڵی خودا لە ئۆرشەلیم، لە مانگی دوو، زروبابلی كوڕی شەئەلتیێل، لەگەڵ یەشوعی كوڕی یۆچاداق و پاشماوەی برا كاهین و لێڤییەكانیان و هەموو ئەوانەی لە ڕاپێچكراوی گەڕابوونەوە ئۆرشەلیم، دەستیان بە كار كرد. ئەو لێڤییانەیان دانا كە لە بیست ساڵ و بەرەو سەروو بوون، بۆ چاودێریكردنی كارەكەی ماڵی یەزدان. [٩]هەروەها یەشوع و كوڕ و براكانی، قەدمیێل و كوڕەكانی لە نەوەی هۆدەیڤاهو، هەروەها نەوەی حێناداد و كوڕ و براكانی كە هەموویان لێڤی بوون، پێكەوە ڕاوەستان بۆ چاودێریكردنی ئەو كرێكارانەی كارەكەی ماڵی خودایان دەكرد.

[١٠]كە بیناسازەكان بناغەی پەرستگاكەی یەزدانیان دامەزراند، بەپێی ڕێكخستنەكەی داودی پاشای ئیسرائیل كاهینەكان بە جلوبەرگ و كەڕەناوە چوونە شوێنی خۆیان، هەروەها لێڤییەكانی نەوەی ئاسافیش بە سەنجەوە چوونە شوێنی ستایشكردن. [١١]بە ستایش و سوپاسەوە گۆرانییان بۆ یەزدان گوت:

«بێگومان خودا چاكە،
بۆ هەتاهەتایە خۆشەویستییە نەگۆڕەكەی بۆ
ئیسرائیل بەردەوام دەبێت.»

هەموو گەلیش بە دەنگی بەرز بە ستایشەوە هاواریان بۆ یەزدان دەكرد، لەبەر دامەزراندنی ماڵی یەزدان. [١٢]بەڵام زۆربەی كاهین و لێڤی و گەورەی

[a] ٦٩ پێنج هەزار مەنا: نزیكەی ٢٩٠٠ كیلۆگرام.
[b] ٤ جەژنێكی جولەكەیە، بڕوانە (دواوتار ١٣:١٦).

بنەماڵەکان کە پیر بوون، ئەوانەی پەرستگاکەی یەکەمیان بینیبوو، لە کاتی دامەزراندنی ئەم پەرستگایە لەپێش چاویاندا بە دەنگێکی بەرز گریان، زۆریش هەبوو بە دەنگی بەرز هاواری خۆشییان دەکرد. [١٣]کەس نەیدەتوانی هاواری خۆشی لە دەنگی گریان جیا بکاتەوە، چونکە گەل بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، تەنانەت لە دووریشەوە دەنگەکە دەبیسترا.

## دژایەتییەکانی بنیادنانەوە

٤ کاتێك دوژمنەکانی یەهودا و بنیامین بیستیانەوە ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە پەرستگایەکیان بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بنیاد دەنایەوە، [٢]هاتن بۆ لای زروبابل و گەورەی بنەماڵەکان و پێیان گوتن: «با لەگەڵتان بنیاد بنێین، چونکە ئێمەش وەك ئێوەین و داوا لە خوداکەتان دەکەین، لە ماوەی پاشایەتی ئێسەرحەدۆنی پاشای ئاشورەوە ئێمەی بۆ ئێرە هێناوە، قوربانیمان سەربڕیوە.»

[٣]بەڵام زروبابل و یەشوع و پاشماوەی گەورەی بنەماڵەکانی ئیسرائیل وەڵامیان دانەوە: «بۆتان نییە لەگەڵ ئێمە پەرستگای خودامان بنیاد بنێنەوە، بەڵکو ئێمە بە تەنها بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیلی بنیادی دەنێین، بەو شێوەیەی کۆرشی پاشا، پاشای فارس فەرمانی پێ کردووین.»

[٤]جا گەلانی خاکەکە دەستی گەلی یەهودایان شل دەکردەوە و لە بیناکردنەکە دەیانترساندن، [٥]چەند ڕاوێژکارێکیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکەیان بە کرێ گرت، بە درێژایی سەردەمی کۆرشی پاشای فارس هەتا پاشایەتی داریوشی پاشای فارس.[a]

## بەربەرەکانێ لە دژی بنیادنانەوەی شار

[٦]لە سەرەتای پاشایەتی ئەحەشوێرۆش، سکاڵانامەیەکیان لە دژی دانیشتووانی یەهودا و ئۆرشەلیم نووسی.

[٧]هەروەها لە سەردەمی پاشایەتی ئەرتەحشەستەی پاشای فارس، بیشلام و میترەدات و تاڤئێل و سەرجەم یاوەرەکانیان نامەیەکیان بۆ ئەرتەحشەستەی نووسی، نامەکەش بە پیت و زمانی ئارامی نووسرا.[b]

[٨]ڕەحومی فەرماندە و شیمشەیی خامەی نهێنی[c] نامەیەکیان لە دژی ئۆرشەلیم بۆ ئەرتەحشەستەی پاشا بەم شێوە نووسی:

[٩]ڕەحومی فەرماندە و شیمشەیی خامەی نهێنی و سەرجەم یاوەرەکانیان، دادپرس و کاربەدەستەکانی خەڵکی تەرپیلیس و فارس، خەڵکی ئەرەك و بابل و ئیلامییەکانی شوش، [١٠]سەرجەم ئەو نەتەوانەی کە ئەشوربەنیپەلی گەورە و بەڕێز ڕاپێچی کردن، لە شاری سامیرە و چەند شوێنێکی دیکە لە هەرێمی ئەوبەری فورات نیشتەجێی کردن.

[١١]ئەمەش وێنەی ئەو نامەیەیە کە بۆیان نارد.

بۆ ئەرتەحشەستەی پاشا،
خزمەتکارانت، پیاوانی هەرێمی ئەوبەری فورات:

[١٢]با پاشا بزانێت کە ئەو جولەکانەی لەلای تۆوە سەرکەوتن بۆ لامان، هاتوون بۆ ئۆرشەلیم و ئەو شارە یاخی و خراپە بنیاد دەنێنەوە، شووراکانیش تەواو دەکەن و بناغەکان چاك دەکەنەوە.

[١٣]با ئێستا لەلای پاشا زانراو بێت کە ئەگەر ئەم شارە بنیاد بنرێتەوە و شووراکانی تەواو بکرێن، چیتر سەرانە و گومرگ و باج نادرێت، لە کۆتاییشدا زیان لە پاشاکان دەکەوێت. [١٤]ئێستاش لەبەر ئەوەی ئێمە نمەکی کۆشکی پاشا دەکەین و شیاویش نییە زیانی پاشا ببینین، لەبەر ئەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی پاشا ئەم

---

[a] ٥ مێژووی بنیادنانەوەی پەرستگاکە لە ٢٤:٤ دەستپێدەکات.

[b] ٧ دەقی ٨:٤ هەتا ١٨:٦ بە زمانی ئارامی نووسراوە.

[c] ٨ ڕازپۆش.

نامەیە دەنێرین، [١٥]بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەك لە
ئەرشیفی شاهانەی باوباپیرانتدا بکرێت. ئینجا
لە ئەرشیفی شاهانە دەبینیتەوە و دەزانیت
کە ئەم شارە شارێکی یاخییە و زیانبەخشە
بە پاشاکان و هەرێمەکان، لە دێرزەمانەوە
یاخیبوونیان لەناویدا بەرپا کردووە، لەبەر
ئەوە ئەم شارە کاول کرا. [١٦]ئێمەش پاشا ئاگادار
دەکەینەوە کە ئەگەر ئەم شارە بنیاد بنرێت
و شووراکانی تەواو بکرێن، ئیتر لە هەرێمی
ئەوبەری فوراتەوە بەشت نابێت.

[١٧]پاشا ئەم وەڵامەی نارد:

بۆ ڕەحومی فەرماندە و شیمشەیی خامەی نهێنی و سەرجەم یاوەرەکانیان کە لە سامیرە دانیشتوون و هەموو ئەوانەی کە لە هەرێمی ئەوبەری فورات نیشتەجێن:
پاش سڵاو.

[١٨]ئەو نامەیەی بۆتان ناردین بە ڕوونی
لەبەردەممدا خوێنرایەوە و وەرگێڕدرا.
[١٩]فەرمانێکم دەرکرد و لێکۆڵینەوەیەك کرا،
دەرکەوت کە ئەم شارە لە دێرزەمانەوە لە
دژی پاشایان وەستاوەتەوە و یاخیبوون و
سەرپێچیکردنی تێدا بەرپا کراوە. [٢٠]ئۆرشەلیم
پاشای بە توانای هەبووە و دەسەڵاتیان بەسەر
هەموو هەرێمی ئەوبەری فوراتدا ڕۆیشتووە،
سەرانە و گومرگ و باجیان پێدراوە. [٢١]ئێستاش
فەرمانێك بۆ لە کار ڕاگرتنی ئەم پیاوانە
دەربکەن، جا ئەو شارە بنیاد نانرێتەوە هەتا
فەرمان لە منەوە دەرنەچێت. [٢٢]وریابن لەم
کارە کەمتەرخەمی نەکەن. بۆچی زەرەر زۆر
بێت بۆ زیانی پاشاکان؟

[٢٣]کاتێك نامەکەی ئەرتەحشەستەی پاشا لەبەردەم
ڕەحوم و شیمشەیی خامەی نهێنی و یاوەرەکانیاندا
خوێنرایەوە، بە پەلە چوون بۆ ئۆرشەلیم بۆ لای
جولەکەکان و بە زەبری هێز لە کارەکە ڕایانگرتن.

### نامەی تەتەنەی بۆ داریوش سەبارەت بە بنیادنانەوەی پەرستگا

[٢٤]کارەکەی ماڵی خودا لە ئۆرشەلیم ڕاگیرابوو،
هەتا دووەم ساڵی پاشایەتی داریوشی پاشای فارس.[a]

٥ ئەوە بوو حەگەی پێغەمبەر و زەکەریای
پێغەمبەر لە نەوەی عیدۆ، پێغەمبەرایەتییان
بۆ ئەو جولەکانە کرد کە لە یەهودا و ئۆرشەلیم بوون،
بە ناوی خودای ئیسرائیل، دەسەڵاتدار بەسەریانەوە.
[٢]ئیتر زروبابلی کوڕی شەئەلتیێل و یەشوعی کوڕی
یۆچاداق هەستان و دەستیان بە بنیادنانەوەی
ماڵەکەی خودا کرد لە ئۆرشەلیم، پێغەمبەرەکانی
خوداش لەگەڵیان بوون و یارمەتییان دەدان.
[٣]لەو کاتەدا تەتەنەیی پارێزگاری هەرێمی
ئەوبەری فورات و شەتاربوزەنەی و یاوەرەکانیان
چوونە لایان و لێیان پرسین: «کێ ڕێگای پێدان ئەم
پەرستگایە بنیاد بنێنەوە و ئەم تەلارە تەواو بکەن؟»
[٤]هەروەها لێیان پرسین: «ئەو پیاوانە ناویان چییە کە
ئەم تەلارە بنیاد دەنێنەوە؟» [٥]بەڵام پیرانی جولەکەش
خودای خۆیان چاودێری دەکردن، ئیتر لە کارەکە
ڕایاننەگرتن هەتا هەواڵەکە بە داریوش گەیشتەوە،
ئینجا بە نامەیەك دەربارەی ئەمە وەڵامیان دایەوە.
[٦]ئەمەش وێنەیەکی ئەو نامەیەی تەتەنەی
پارێزگاری هەرێمی ئەوبەری فورات و شەتاربوزەنەی
و یاوەرەکانیان، ئەوانەی کە کاربەدەستەکانی
هەرێمی ئەوبەری فورات بوون، بۆ داریوشیان نارد.
[٧]ئەو هەواڵەی کە بۆیان نارد بەم شێوەیە نووسرابوو:

بۆ داریوشی پاشا:
سڵاوێکی گەرم.

[٨]با لەلای پاشا زانراو بێت کە ئێمە چووینە
ناوچەی یەهودا، بۆ پەرستگای خودای گەورە،
بینیمان بە بەردی گەورە بنیاد دەنرێتەوە و
دار لەناو دیوارەکانی دادەنرێت، ئەم کارەش

[a] ٢٤ ڕووداوەکانی ٤:٦-٢٤ پاش ڕووداوەکانی ٤:٢٤–٢٢:١٠ بوون.

به وردی دەکرێت و لەژێر سەرپەرشتییان سەرکەوتووانەیە.
٩پرسیارمان لەو پیرانە کرد و لێمان پرسین: «کێ ڕێگای پێداون ئەم پەرستگایە بنیاد بنێنەوە و ئەم تەلارە تەواو بکەن؟» ١٠هەروەها پرسیاری ناوەکانیانمان لێکردن تاوەکو بتوانین ناوی ڕابەرەکانیان بۆ زانیاریت بنووسین.
١١بەم وەڵامە وەڵامیان داینەوە، گوتیان:

«ئێمە خزمەتکارانی خودای ئاسمان و زەوین، ئەم پەرستگایە بنیاد دەنێینەوە کە پێش ساڵانێکی زۆر بنیاد نرابوو، پاشایەکی گەورەی ئیسرائیل بنیادی نا و تەواوی کرد. ١٢بەڵام دوای ئەوەی باوباپیرانمان خودای ئاسمانیان تووڕە کرد، ئەوانی دا بەدەست نەبوخودنەسری پاشای بابلی کلدانییەوە، ئەوەی کە ئەم پەرستگایەی وێران کرد و گەلەکەی بۆ بابل ڕاپێچ کرد.
١٣«بەڵام لە یەکەم ساڵی کۆرشی پاشای بابل، کۆرشی پاشا فەرمانی دەرکرد بۆ بنیادنانەوەی ئەم ماڵەی خودا. ١٤کۆرشی پاشا تەنانەت قاپوقاچاغەکانی ئەم پەرستگایەی خودای لە پەرستگای بابلەوە دەرهێنا، کە لە زێڕ و زیوە، ئەوەی نەبوخودنەسر لەم پەرستگایەی ئۆرشەلیمی دەرهێنابوو و بۆ ئەو پەرستگایەی بردبوو کە لە بابلە. ئینجا کۆرشی پاشا قاپوقاچاغەکانی دایە یەکێك ناوی شێشبەچەر بوو، ئەوەی کردییە پارێزگار. ١٥پێی گوت: ”ئەم قاپوقاچاغە ببە، بڕۆ و باری بکە بەرەو ئەو پەرستگایەی لە ئۆرشەلیمە، با پەرستگای خودا لە شوێنەکەی خۆیدا بنیاد بنرێتەوە.“
١٦«لەبەر ئەوە ئەم شێشبەچەرە هات و بناغەکەی ماڵی خودای دانا ئەوەی لە ئۆرشەلیمە، لەو کاتەوە بنیاد دەنرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا تەواو نەکراوە.»

١٧ئێستاش ئەگەر پاشا پێی باشە با لەنێو ئەرشیفی شاهانەدا بگەڕێن کە لە بابلە، ئایا لە کۆرشی پاشاوە فەرمان دەرچووە بۆ بنیادنانەوەی ئەم ماڵەی خودا کە لە ئۆرشەلیمە؟ با پاشا لەم کارەدا خواستی خۆیمان بۆ بنێرێت.

## فەرمانی داریوش

٦ ئینجا داریوشی پاشا فەرمانی دا و لەناو ئەرشیفی شاهانەدا گەڕان کە لەنێو گەنجینەی بابل دانرا بوو، ٢جا لە ئەحمەتا لەناو ئەو کۆشکەی لە هەرێمی میدیادایە نووسراوێك دۆزرایەوە کە ئەمەی تێدابوو:

یاداشت:

٣کۆرشی پاشا لە یەکەم ساڵی پاشایەتییەکەیدا، سەبارەت بە پەرستگای خودا کە لە ئۆرشەلیمە ئەم فەرمانەی دەرکرد:

با پەرستگاکە بنیاد بنرێتەوە، ئەو شوێنەی قوربانی تێدا سەردەبڕن، با بناغەکانی دابمەزرێنن، بەرزییەکەی شەست باڵ[a] و پانییەکەی شەست باڵ بێت. ٤بە سێ ڕیز لە بەردی گەورە و ڕیزێك لە تەختەداری نوێ، با خەرجییەکەشی لە گەنجینەی پاشاوە بدرێت. ٥هەروەها قاپوقاچاغەکانی ماڵی خودا، ئەوەی لە زێڕ و زیوە، ئەوەی نەبوخودنەسر لەو پەرستگایەی لە ئۆرشەلیمە دەریهێنا و هێنایە بابل، با ببردرێتەوە و بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو پەرستگایەی کە لە ئۆرشەلیمە، بۆ شوێنەکەی خۆی و لە ماڵی خودا دابنرێت.

٦ئێستاش ئەی تەتەنەی پارێزگاری هەرێمی ئەوبەری فورات و ئەی شەتاربوزەنەی و یاوەرە کاربەدەستەکانی هەرێمەکە، لەوێ دوور بکەونەوە. ٧واز لەم کارەی پەرستگای خودا بهێنن، بەڵام فەرمانڕەوای جولەکەکان

---

[a] ٣ شەست باڵ: نزیکەی ٢٧ مەتر.

و پیرانی جولەکەکان، با ئەم ماڵەی خودا لە شوێنەکەی خۆیدا بنیاد بنێنەوە.
٨ لە منیشەوە فەرمان دەرچووە کە لە بنیادنانەوەی ئەم ماڵەی خودا لەگەڵ پیرانی جولەکە چی دەکەن:

لە پارەی پاشاوە، لە سەرانەی هەرێمی ئەوبەری فورات، بە پەلە خەرجی بەو پیاوانە دەدرێت تاوەکو دەست لە کارەکە هەڵنەگرن.
٩ هەرچیشیان پێویستە بەپێی قسەی ئەو کاهینانەی لە ئۆرشەلیمن، لە جوانەگا[a] و بەران و بەرخ وەک قوربانی سووتاندن بۆ خودای ئاسمان، لەگەڵ گەنم و خوێ و شەراب و زەیت، با ڕۆژ بە ڕۆژ پێیان بدرێت تاوەکو خاو نەبنەوە
١٠ لە پێشکەشکردنی بۆنی ڕەزامەندی بۆ خودای ئاسمان و لە نزاکردن لە پێناوی ژیانی پاشا و کوڕەکانی.

١١ هەروەها فەرمان لەلای منەوە دەرچووە کە هەرکەسێک ئەم قسەیە بگۆڕێت، کاریتەیەک لە ماڵەکەی ڕادەکێشرێت و دەکرێتە سێدارەیەک و لەسەری هەڵدەواسرێت، لەبەر ئەم تاوانە ماڵەکەی دەبێتە کەلاوە.
١٢ خوداش کە ناوی خۆی لەوێ نیشتەجێ کرد، هەر پاشا و گەلێک لەناودەبات ئەگەر دەستدرێژی بکات بۆ گۆڕینی ئەم فەرمانە یان ڕووخاندنی ئەم پەرستگایەی خودا کە لە ئۆرشەلیمە.

من داریوشم فەرمانم دا و با بە وردی جێبەجێ بکرێت.

## تەواوکردن و تەرخانکردنی پەرستگاکە

١٣ ئینجا تەتەنەی پارێزگاری هەرێمی ئەوبەری فورات و شەتاربوزەنەی لەگەڵ یاوەرەکانیان بە وردی جێبەجێیان کرد، بەگوێرەی ئەوەی داریوشی پاشا ناردبووی.
١٤ پیرانی جولەکەش بنیادیان دەنا و سەرکەوتوو دەبوون، بەگوێرەی پێغەمبەرایەتییەکەی حەگەی پێغەمبەر و زەکەریای نەوەی عیدۆ. جا بەگوێرەی فەرمانی خودای ئیسرائیل و فەرمانی کۆرش و داریوش و ئەرتەحشەستەی پاشایانی فارس پەرستگاکەیان بنیاد ناوە و تەواویان کرد.
١٥ ئیتر لە سێی مانگی ئادار، لە ساڵی شەشەمی پاشایەتی داریوش پاشا ئەم پەرستگایە تەواو بوو.

١٦ نەوەی ئیسرائیلیش لە کاهین و لێڤییەکان و پاشماوەی نەوەی ڕاپێچکراوەکان بە دڵخۆشییەوە ئەم ماڵەی خودایان تەرخان کرد.
١٧ قوربانیشیان پێشکەش کرد بۆ تەرخانکردنی ئەم ماڵەی خودا، سەد گا و دوو سەد بەران و چوار سەد بەرخ و دوازدە نێری، بۆ قوربانی گوناه لە جیاتی هەموو ئیسرائیل، بەگوێرەی هۆزەکانی ئیسرائیل.
١٨ ئینجا کاهینەکانیان لە بەشەکانی خۆیان دانا و لێڤییەکانیش لە بەشەکانیان لەسەر خزمەتەکەی خودا لە ئۆرشەلیم، هەروەک ئەوەی لە پەڕتووکی موسا نووسراوە.

## جەژنی پەسخە

١٩ ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە لە چواردەی مانگی یەکدا جەژنی پەسخەیان گێڕا،
٢٠ چونکە کاهین و لێڤییەکان هەموو خۆیان پاک کردبووەوە، هەموویان بەپێی ڕێوڕەسم پاک بوون و بەرخی پەسخەیان بۆ هەموو نەوەی ڕاپێچکراوەکان و بۆ برا کاهینەکانیان و بۆ خۆیان سەربڕی.
٢١ هەموو نەوەی ئیسرائیلیش ئەوانەی کە لە ڕاپێچکراوییەکە گەڕابوونەوە لێیان خوارد، لەگەڵ هەموو ئەوانەی خۆیان لە نەریتە گڵاوەکانی نەتەوەکانی خاکەکە جیا کردبووەوە و هاتبوونە پاڵیان، بۆ ئەوەی ڕوویان لە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل بکەن.
٢٢ هەروەها حەوت ڕۆژ بە خۆشییەوە جەژنی فەتیرەیان گێڕا، چونکە یەزدان دڵی پڕکردن لە خۆشی و دڵی پاشای ئاشوری بەلایاندا ڕاکێشا بۆ بەهێزکردنی دەستیان لە کارەکەی ماڵی خودا لە ئیسرائیل.

---

[a] ٩ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

## هاتنی عەزرا بۆ ئۆرشەلیم

٧ پاش ئەم شتانە و لە سەردەمی پاشایەتی ئەرتەحشەستەی پاشای فارس، عەزرا کە کوڕی سەرایا کوڕی عەزەریا کوڕی حیلقیا [٢]کوڕی شەلوم کوڕی سادۆق کوڕی ئەحیتوڤ [٣]کوڕی ئەمەریا کوڕی عەزەریا کوڕی مەرایۆت [٤]کوڕی زەرەحیا کوڕی عوزی کوڕی بوقی [٥]کوڕی ئەبیشوەع کوڕی فینەحاس کوڕی ئەلعازاری کوڕی هارونی سەرۆك کاهین بوو، [٦]ئەم عەزرایە لە بابلەوە سەرکەوت. مامۆستایەکی بە توانا بوو لە تەوراتی موسا، یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل پێیدابوو. پاشاش هەموو ئەوەی داوای کردبوو پێیدابوو، چونکە یەزدانی پەروەردگاری خۆی لەگەڵی بوو. [٧]هەندێك لە نەوەی ئیسرائیل و لە کاهین و لێڤی و گۆرانیبێژ و پاسەوان و کۆیلە تەرخانکراوەکان لەگەڵی بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوتن، لە ساڵی حەوتەمی ئەرتەحشەستەی پاشا.

[٨]عەزرا لە مانگی پێنج لە ساڵی حەوتەمی پاشادا گەیشتە ئۆرشەلیم. [٩]لە مانگی یەکەوە دەستی پێکردبوو لە بابلەوە سەربکەوێت و لە یەکی مانگی پێنجدا گەیشتە ئۆرشەلیم، بەپێی ئەوەی دەستی چاکەی خوداکەی لەسەری بوو، [١٠]چونکە عەزرا خۆی تەرخان کردبوو بۆ خوێندنی تەوراتی یەزدان و کارکردن پێی، بۆ ئەوەی ئیسرائیل فێری فەرز و دادوەری بکات.

## نامەی ئەرتەحشەستەی پاشا بۆ عەزرا

[١١]ئەمەش وێنەی ئەو نامەیەیە کە ئەرتەحشەستەی پاشا دایە عەزرای کاهین و مامۆستا، مامۆستای بابەتەکانی فەرمان و فەرزەکانی یەزدان بۆ ئیسرائیل:

[١٢]لە ئەرتەحشەستەی پاشای پاشایانەوە،
بۆ عەزرای کاهین و مامۆستای تەوراتی خودای ئاسمان.
پاش سڵاو.[a]

[١٣]لەلایەن منەوە فەرمانێك دەرچووە کە هەرکەسێك لەناو پاشایەتییەکەی من لە گەلی ئیسرائیل و کاهین و لێڤییەکان بیەوێت لەگەڵ تۆ بگەڕێتەوە ئۆرشەلیم با بگەڕێتەوە. [١٤]تۆ لەلایەن پاشا و حەوت ڕاوێژکارەکەیەوە نێردراویت بۆ ئەوەی لە یەهودا و ئۆرشەلیم بکۆڵیتەوە، بەگوێرەی تەوراتی خوداکەت کە بە دەستتەوەیە، [١٥]هەروەها بۆ بارکردنی ئەو زێڕ و زیوانەی کە پاشا و ڕاوێژکارەکانی بە ئازادی بەخشیویانە بە خودای ئیسرائیل، ئەوەی نشینگەکەی لە ئۆرشەلیمە. [١٦]لەگەڵ هەموو ئەو زێڕ و زیوەش کە لە هەرێمی بابل بە دەستت دەکەوێت، لەگەڵ بەخشینە ئازادەکانی گەل و کاهینەکان کە دەیبەخشن بە پەرستگای خودای خۆیان، کە لە ئۆرشەلیمە. [١٧]دڵنیابە لەوەی بەم زیوە گا و بەران و بەرخی نێری لەگەڵ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەراب بکڕیت و لەسەر قوربانگاکەی پەرستگای خوداتان کە لە ئۆرشەلیمە پێشکەشیان بکەیت.

[١٨]هەرچی خۆت و برا جولەکەکانت پێتان باش بوو بە پاشماوەی زێڕ و زیوەکە بیکەن، بەپێی خواستی خودای خۆتان بکەن. [١٩]ئەو قاپوقاچاغەش کە بۆ خزمەتی پەرستگای خوداکەت پێت دەدرێت، لەبەردەم خودای ئۆرشەلیم دایبنێ. [٢٠]پاشماوەی پێویستییەکانی پەرستگای خوداکەت کە بۆت ڕێك دەکەوێت بیدەیت، ئەوا لە گەنجینەکانی پاشاوە بیدە.

[٢١]لە من، لە ئەرتەحشەستەی پاشاوە، فەرمان دەرچووە بۆ هەموو گەنجینەکانی هەرێمی ئەوبەری فورات کە هەرچی عەزرای کاهین و مامۆستای تەوراتی خودای ئاسمان داواتان لێ دەکات، با بە وردی جێبەجێ بکرێت، [٢٢]هەتا سەد تالنت زیو[b] و سەد کۆڕ[c]

[a] ١٢ دەقی ئایەتی ١٢ بە زمانی ئارامی نووسراوە.

[b] ٢٢ کەمێك زیاتر لە ٣,٤ تەنی زیو دەبوو.

[c] ٢٢ سەد کۆڕ: نزیکەی ١٦ تەنی گەنم.

گەنم و سەد بەت[a] شەراب و سەد بەت[b]
زەیت و خوێش بەبێ سنوور. [٢٣]هەرچی
خودای ئاسمان فەرمانی پێداوە بە وردی بۆ
پەرستگای خودای ئاسمان جێبەجێ بکرێت،
چونکە بۆچی تووڕەیی لەسەر شانشینی
پاشا و کوڕەکانی بێت؟ [٢٤]هەروەها پێتان
ڕادەگەیەنین کە هەموو کاهین و لێڤی و
گۆرانیبێژ و دەرگاوان و کۆیلە تەرخانکراوەکان
و خزمەتکارانی ئەم ماڵەی خودا، ڕێ نادرێت
سەرانە و باج و گومرگیان لەسەر بێت.
[٢٥]تۆش ئەی عەزرا، بەپێی دانایی خوداکەت
کە بەدەستەوەیە، قازی و دادوەر دابنێ
بۆ ئەوەی دادپەروەری بکەن بۆ هەموو
ئەو گەلەی هەرێمی ئەوبەری فورات، لە
هەموو ئەوانەی فێرکردنەکانی خودات
دەزانن، ئەوانەش کە نایزانن، فێریان بکەن.
[٢٦]هەرکەسێکیش کار بە فێرکردنەکانی
خوداکەت و فێرکردنەکانی پاشا نەکات، با بە
دڵنیاییەوە حوکمی بەسەردا بدرێت، بە سزای
مردن یان دوورخستنەوە یان سزای دارایی یان
زیندانی.

[٢٧]ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانمان
کە ئەم شتەی خستە دڵی پاشاوە بۆ شکۆدارکردنی
ماڵی یەزدان، ئەوەی لە ئۆرشەلیمە. [٢٨]لەبەردەم پاشا
و ڕاوێژکارەکانی و لەبەردەم هەموو کاربەدەستە
توانادارەکانی پاشا بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی
دایپۆشیم، منیش بەهۆی ئەو پشتگیرییەی یەزدانی
پەروەردگارم بەهێز بووم، جا لە ئیسرائیل ڕابەرەکانم
کۆکردەوە تاوەکو لەگەڵم سەربکەون.

## گەورەی بنەماڵەکان کە لەگەڵ عەزرا گەڕانەوە

٨ ئەمانەش گەورەی بنەماڵەکان و ئەوانەن کە
لەگەڵیاندا تۆمارکراون، ئەوانەی لە سەردەمی
ئەرتەحشەستەی پاشادا لەگەڵ من لە بابلەوە
گەڕانەوە:

[٢]لە نەوەی فینەحاس، گێرشۆم؛
لە نەوەی ئیتامار، دانیال؛
لە نەوەی داود، حەتوش [٣]لە نەوەی شەخەنەیا.

لە نەوەی پەرعۆش، زەکەریا و سەد و پەنجا
نێرینەش لەگەڵیدا تۆمار کران.
[٤]لە نەوەی پەحەتمۆئاب، ئەلیهۆعێینەی کوڕی
زەرەحیا، دوو سەد نێرینەش لەگەڵی.
[٥]لە نەوەی زەتو، شەخەنەیا کوڕی یەحەزیێل و
سێ سەد نێرێنەش لەگەڵی.
[٦]لە نەوەی عادین، عەبەدی کوڕی یۆناتان، پەنجا
نێرینەش لەگەڵی.
[٧]لە نەوەی ئیلام، یەشەعیای کوڕی عەتەلیا، حەفتا
نێرینەش لەگەڵی.
[٨]لە نەوەی شەفەتیا، زەڤەدیای کوڕی میکائیل،
هەشتا نێرینەش لەگەڵی.
[٩]لە نەوەی یۆئاب عۆبەدیای کوڕی یەحیێل، دوو
سەد و هەشتا نێرینەش لەگەڵی.
[١٠]لە نەوەی بانی، شەلۆمیت کوڕی یۆسیفیا، سەد و
شەست نێرینەش لەگەڵی.
[١١]لە نەوەی بێڤەی، زەکەریای کوڕی بێڤەی، بیست
و هەشت نێرینەش لەگەڵی.
[١٢]لە نەوەی عەزگاد، یۆحانانی کوڕی هەقاتان سەد
و دە نێرینەش لەگەڵی.
[١٣]لە نەوەی ئەدۆنیقام، ئەوانەی کۆتایی ئەمە
ناوەکانیانە، ئەلیفەلەت و یەعوئێل و شەمەعیا،
شەست نێرینەش لەگەڵیان.
[١٤]لە نەوەی بیگڤەی، عوتەی و زەکور، حەفتا
نێرینەش لەگەڵیان.

## گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم

[١٥]جا بۆ لای ئەو نۆکەندەی بەرەو ئەهەڤا دەڕوات
کۆمکردنەوە و سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، لە گەل و
کاهینەکان ورد بوومەوە، بەڵام کەسم لە لێڤییەکان

[a] ٢٢ سەد بەت: نزیکەی ٢٢٠٠ لیتر.
[b] ٢٢ سەد بەت: نزیکەی ٢٢٠٠ لیتر.

لەوێ بەدی نەکرد. ١٦لەبەر ئەوە ناردم بۆ لای
ئەلیعەزەر و ئەریێل و شەمەعیا و ئەلناتان و یاریڤ
و ئەلناتان و ناتان و زەکەریا و مەشولام، کە لە
ڕابەرەکان بوون، هەروەها یۆیاریڤ و ئەلناتان کە
تێگەیشتوو بوون. ١٧هەموویانم نارد بۆ لای ئیدۆی
ڕابەر لەو شوێنەی ناوی کاسیفیا بوو، پێم گوتن لە
کاسیفیا چی بە ئیدۆ و برا کۆیلە تەرخانکراوەکان
بڵێن، تاوەکو خزمەتکارانمان بۆ بهێنن بۆ ماڵی
خودامان. ١٨ئینجا بەپێی ئەوەی دەستی چاکی
خودا لەسەرمان بوو، پیاوێکی وریایان بۆمان هێنا
کە ناوی شێرێڤیا بوو، لە نەوەی مەحلی کوڕی
لێڤی کوڕی ئیسرائیل، لەگەڵ کوڕەکانی شێرێڤیا و
براکانی کە هەموویان هەژدە پیاو بوون؛ ١٩هەروەها
حەشەڤیا لەگەڵ یەشەعیا لە نەوەی مەراری و
براکانی و کوڕەکانیان بیست کەس بوون. ٢٠لە
کۆیلە تەرخانکراوەکانیش، لەو کۆمەڵەی کە داود
و کاربەدەستەکان دایانمەزراندبوون، دوو سەد و
بیست پیاویان هێنا. هەموویان بە ناوی خۆیانەوە
دیاری کران.

٢١لەوێدا لەسەر نۆکەندی ئەهەڤا بانگەوازی
ڕۆژووگرتنم ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی لەبەردەم
خوداکەماندا ملکەچ بین و داوای ڕێگایەکی ڕاستی
لێ بکەین بۆ خۆمان و منداڵەکانمان و هەموو
ئەوەی هەمانە. ٢٢پێم شەرم بوو داوای سەرباز و
سوار لە پاشا بکەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگاکەدا لە دوژمن
بمانپارێزن، چونکە ئێمە بە پاشامان گوتبوو کە
خودای ئێمە چاکە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە پشتی
پێ دەبەستن، زۆریش لەوە تووڕە دەبێت کە وازی
لێ بهێنێت. ٢٣جا بە ڕۆژوو بووین و ئەوەمان لە
خودامان داوا کرد، ئەویش وەڵامی داینەوە.

٢٤پاشان لە کاهینانی باڵا دوازدە کەسم جیا
کردەوە: شێرێڤیا و حەشەڤیا، لەگەڵ ئەوانیش دە
لە براکانیان، ٢٥زێڕ و زیو و قاپوقاچاغەکەشم بۆیان
پێوا، کە بەخشینەکەی ماڵی خودامان ئەوەی پاشا
و ڕاوێژکارەکانی و کاربەدەستەکانی و هەموو ئەو
ئیسرائیلییانەی کە لەوێ بوون بەخشییان. ٢٦شەش
سەد و پەنجا تالنت[a] زیوم کێشا و خستمە ناو
دەستیان، سەد تالنتیش[b] لە قاپوقاچاغی زیو لەگەڵ
سەد تالنت زێڕ و ٢٧بیست پەرداخی زێڕ بە هەزار
درهەم[c]، دوو قاپی بڕۆنزیش زۆر باش مشتوماڵکراو،
کە وەك زێڕ بە نرخ بوون.

٢٨بەوانم گوت: «ئێوە تەرخانکراون بۆ یەزدان و
قاپوقاچاغەکانیش تەرخانکراون و زێڕ و زیوەکەش
بەخشینێکی ئازادن بۆ یەزدانی پەروەردگاری
باوباپیرانتان. ٢٩ئیتر پاسەوانیی بکەن و بیپارێزن
هەتا لەبەردەم کاهینانی باڵا و لێڤییەکان و گەورەی
بنەماڵەکانی ئیسرائیل لە ئۆرشەلیم بیکێشن، لە
ژوورەکانی ماڵی یەزدان.» ٣٠ئینجا کاهین و لێڤییەکان
کێشی زێڕ و زیو و قاپوقاچاغەکەیان وەرگرت تاوەکو
بۆ ئۆرشەلیمی بهێنن، بۆ ماڵی خوداکەمان.

٣١لە دوازدەی مانگی یەك لە نۆکەندی ئەهەڤاوە
بەڕێکەوتین تاکو بچینە ئۆرشەلیم، خوداشمان
پشتگیری دەکردین، جا لە دەستی دوژمنی
خۆماتکردوو لەسەر ڕێگا فریامان کەوت. ٣٢ئینجا
گەیشتینە ئۆرشەلیم و سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

٣٣لە ڕۆژی چوارەمدا زێڕ و زیو و قاپوقاچاغەکەم
لەناو ماڵی خوداماندا لەسەر دەستی مەرێمۆتی
کوڕی ئوریای کاهین کێشا. ئەلعازاری کوڕی
فینەحاسیش لەگەڵی بوو، لەگەڵ یۆزاڤادی کوڕی
یێشوع و نۆعەدیای کوڕی بەنوی کە هەردووکیان
لێڤی بوون. ٣٤بە ژمارە و کێش بۆ هەموویان، هەموو
کێشەکەش لەو کاتەدا نووسران.

٣٥نەوەی ڕاپێچکراوەکانیش ئەوانەی لە
ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە، قوربانی سووتاندنیان
پێشکەشی خودای ئیسرائیل کرد، دوازدە گا لەبری
هەموو ئیسرائیل، لەگەڵ نەوەد و شەش بەران، حەفتا
و حەوت بەرخی نێر، هەروەها دوازدە گیسکی نێری
بۆ قوربانی گوناە، هەموو کرانە قوربانی سووتاندن
بۆ یەزدان. ٣٦هەروەها یاساکانی پاشایان دایە دەست

[a] ٢٦ شەش سەد و پەنجا تالنت: نزیکەی ٢٢ تەنی زیو.
[b] ٢٦ کەمێك زیاتر لە ٣,٤ تەنی زیو دەبوو.
[c] ٢٧ زێڕ بە هەزار درهەم: نزیکەی ٨,٥ کیلۆگرامی زێڕ.

میر و پارێزگارەکانی هەرێمی ئەوبەری فورات،
ئەوانیش یارمەتی گەل و ماڵی خودایان دا.

## نزای عەزرا لەبارەی ژنهێنان و شووکردن

٩ پاش تەواوبوونی ئەمە، ڕابەرەکان هاتن بۆ
لام و گوتیان: «گەلی ئیسرائیل و کاهین و
لێڤییەکان خۆیان جیا نەکردووەتەوە لە گەلانی
دراوسێ و نەریتە قێزەونەکانیان، لە کەنعانی،
حیتی، پریزی، یەبوسی، عەمۆنی، مۆئابی، میسری
و ئەمورییەکان، ٢چونکە لە کچەکانی ئەوانیان
بۆ خۆیان و کوڕەکانیان هێناوە و نەژادی پیرۆز
تێکەڵ بە گەلانی خاکەکان بووە. دەستی ڕابەر و
کاربەدەستەکانیش لەم ناپاکییە یەکەم بووە.»
٣کە گوێم لەم شتە بوو، کراسەکەم و کەواکەم
دادڕی و مووی سەر و ڕیشی خۆمم ڕنییەوە و بە
سەرسوڕمانەوە دانیشتم. ٤جا هەموو ئەوانەی
لە ترسی وشەکانی خودای ئیسرائیل لەرزین لێم
کۆبوونەوە، لەبەر ناپاکی ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی
گەڕابوونەوە. منیش هەتا کاتی قوربانی ئێوارە بە
سەرسوڕمانەوە دانیشتم.
٥لە کاتی قوربانی ئێوارەدا لە زەلیلکردنی خۆم
هەستام و بە کراس و کەوا دڕاوەکەمەوە کەوتمە
سەر چۆك و دەستم بۆ یەزدانی پەروەردگارم
پانکردەوە و ٦گوتم:

«خودایە، من شەرمەزار و سەرشۆڕم
لەوەی ڕووم ڕووەو تۆ هەڵبڕم، چونکە
تاوانەکانمان لەسەر سەرمان بەرزبوونەوە و
خراپەکانمان بۆ ئاسمان بەرزبوونەتەوە. ٧لە
سەردەمی باوباپیرانمانەوە هەتا ئەمڕۆ ئێمە
لە خراپەیەکی گەورەداین، لەبەر تاوانەکانمان
ئێمە و پاشا و کاهینەکانمان دراینە دەست
پاشایانی خاکەکان و کەوتنە بەر شمشێر و
دیلییێتی و تاڵان و سەرشۆڕی، وەك ئەمڕۆ.
٨«بەڵام ئێستا بۆ ساتێك میهرەبانی
لەلایەن یەزدانی پەروەردگارمانەوە بوو، هەتا
دەربازبوونمان بۆ بهێڵێتەوە و سنگێکمان لە
پیرۆزگای خۆی بداتێ، تاکو خودامان چاومان
ڕووناك بکاتەوە و کەمێك ژیانمان بداتێ
لە کۆیلایەتییەکەمان. ٩هەر چەندە ئێمە
کۆیلەین، بەڵام خودامان لە کۆیلایەتییمان
بەجێی نەهێشتین، بەڵکو لەبەردەم پاشاکانی
فارس بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی داپۆشین،
بۆ ئەوەی ژیانمان پێبدات، بۆ ئەوەی ماڵی
خوداکەمان بنیاد بنێینەوە و کەلاوەکانی نۆژەن
بکەینەوە، تاوەکو لە یەهودا و ئۆرشەلیم
دیوارێکمان بداتێ.
١٠«ئێستاش ئەی خودای ئێمە، پاش
ئەوە ئێمە چی بڵێین؟ چونکە وازمان لە
فەرمانەکانت هێنا، ١١ئەوەی لە ڕێگەی بەندە
پێغەمبەرەکانت فەرمانت پێدا و فەرمووت:
”ئەو خاکەی دەچنە ناوی هەتا دەستی
بەسەردا بگرن، خاکێکی گڵاوە بە گڵاوی گەلانی
خاکەکان، کە بەهۆی نەریتە قێزەونەکانیان
لە سەرەتای خاکەکەوە هەتا کۆتایی پڕیان
کردووە لە گڵاوی. ١٢ئێستاش کچتان مەدەنە
کوڕیان و کچیشیان بۆ کوڕەکانتان مەهێنن.
هەتاهەتایە داوای خێر و خۆشییان بۆ مەکەن،
تاوەکو ئێوە بەهێز بن و خێری خاکەکە بخۆن
و بۆ هەتاهەتایە بە میرات بۆ کوڕەکانتانی
بەجێبهێڵن.“
١٣«هەموو ئەوە بەهۆی کارە خراپەکانمان
و بەدکارییە گەورەکانمان بەسەرمان
هات. ئەی خودای ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا
تۆ لە تاوانەکانمان کەمتر سزات داین و
دەربازبوونێکی بەم شێوەیەت بە ئێمە
بەخشی. ١٤ئایا بگەڕێینەوە و سەرپێچی
فەرمانەکانت بکەین و خزمایەتی لەگەڵ
ئەو گەلانە بکەین کە ئەم جۆرە نەریتە
قێزەونە دەکەن؟ ئایا لێمان تووڕە نابیت و
لەناومان نابەیت هەتا ئەوەی هیچ پاشماوە
و دەربازبووێکمان نەبێت؟ ١٥ئەی یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل، تۆ ڕاستودروستیت،

چونکە هەتا ئەمڕۆ بە دەربازبوویی ماوینەتەوە. ئەوەتا ئێمە بە تاوانەکانمانەوە لەبەردەمتداین، چونکە لەبەر ئەمە بۆ ئێمە نییە لەبەردەمت ڕابوەستین.»

## دانپێدانانی گەل بە گوناهەکانیان

١٠ کە عەزرا نوێژی دەکرد و دانی پێدا دەنا و بە گریانەوە لەبەردەم ماڵی خودا کەوتبوو، کۆمەڵێکی ئێجگار زۆر لە ئیسرائیل، لە پیاو و ئافرەت و منداڵ لێی کۆبوونەوە، چونکە گەل گریانێکی بەکوڵ دەگریان. ٢ئینجا شەخەنەیای کوڕی یەحیێل لە نەوەی ئیلام وەڵامی دایەوە و بە عەزرای گوت: «ئێمە ناپاکیمان لەگەڵ خودامان کرد، ژنی بێگانەمان لە گەلانی خاکەکەوە هێنا. بەڵام لەمەودوا ئیسرائیل هیوای هەیە: ٣با ئێستا پەیمانێك لەگەڵ خوداماندا ببەستین، کە هەموو ژنەکان و ئەوانەی لەوان لەدایك بوونە دەریانبکەین، بەپێی ڕاوێژی گەورەم و ئەوانەی لە فەرمانەکانی خودامان دەترسن، با بەپێی تەورات کار بکرێت. ٤هەستە! چونکە ئەم کارە لەسەر تۆیە و ئێمەش لەگەڵتداین. ئازابە و دەستبەکاربە!»

٥ئیتر عەزرا هەستا و کاهینە باڵاکان و لێڤی و هەموو ئیسرائیلی سوێند دا کە کار بەم پێشنیارە بکەن، ئەوانیش سوێندیان خوارد. ٦پاشان عەزرا لەبەردەم ماڵی خودا هەستا و چووە ژوورەکەی یەهۆحانانی کوڕی ئەلیاشیڤ. بەرەو ئەوێ چوو، بێ ئەوەی نان بخوات و ئاو بخواتەوە، چونکە بەهۆی ناپاکی ڕاپێچکراوەکانەوە شینی دەگێڕا.

٧ئینجا لە یەهودا و ئۆرشەلیم بانگەوازیان کرد بۆ هەموو ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە تاوەکو لە ئۆرشەلیم کۆببنەوە، ٨بەپێی ڕاوێژی کاربەدەستەکان و پیران، هەرکەسێك لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئامادە نەبێت، دەست بەسەر ماڵەکەیدا دەگیرێت و خۆشی لە کۆمەڵی ڕاپێچکراوەکان جیا دەکرێتەوە.

٩لە ماوەی سێ ڕۆژەکە هەموو پیاوانی یەهودا و بنیامین لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە، واتە لە بیستی مانگی نۆ، لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە و هەموو گەل بە ترسەوە لەناو گۆڕەپانەکەی ماڵی خودا دانیشتن، لەبەر بابەتەکە و لەبەر بارانەکە. ١٠ئینجا عەزرای کاهین هەستا و پێی گوتن: «ئێوە ناپاکیتان کرد، ژنی بێگانەتان هێنا بۆ ئەوەی تاوانی زیاتر بخەنە سەر خراپەی ئیسرائیل. ١١ئێستا لەبەردەم یەزدانی پەروەردگاری باوباپیرانتان دانی پێدا بنێن و ئەوە بکەن کە پێی خۆشە، خۆتان لە گەلانی خاکەکە و لە ژنە بێگانەکان دابڕن.»

١٢هەموو کۆمەڵەکە بە دەنگێکی بەرز وەڵامیان دایەوە: «چۆنت پێ گوتین، ئاوا دەکەین. ١٣بەڵام گەلەکە زۆرن و کاتەکەش کاتی بارانە و توانای ئەوەمان نییە لە دەرەوە ڕاوەستین، کارەکەش کاری یەك دوو ڕۆژ نییە، چونکە لەم بارەیەوە یاخیبوونی زۆرمان کردووە. ١٤تکایە با کاربەدەستەکانمان لە جێی هەموو کۆمەڵەکە ڕاوەستن و هەموو ئەوانەی لە شارۆچکەکانمان ژنی بێگانەیان هێناوە، با لە کاتی دیاریکراودا لەگەڵ پیران و دادوەرانی شارەکەی خۆیان بێن، هەر شارە و بە تەنها، هەتا گڕی تووڕەیی خودامان کە بەهۆی ئەم کارەوەیە لێمان دامرکێتەوە.» ١٥تەنها یۆناتانی کوڕی عەساهێل و یەحزەیای کوڕی تیقڤا لە دژی ئەمە ڕاوەستان، مەشولام و شەبەتەی کە هەردووکیان لێڤی بوون پشتگیرییان کردن.

١٦ئینجا ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە ئاوایان کرد، عەزرای کاهین و ئەو پیاوانەی گەورەی بنەماڵەکان بوون جیا بوونەوە، بەپێی بنەماڵەکانیان و هەموویان بە ناوی خۆیان، لە یەکەم ڕۆژی مانگی دە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە دانیشتن. ١٧لە یەکەم ڕۆژی مانگی یەك لە بابەتی هەموو ئەو پیاوانە بوونەوە کە ژنی بێگانەیان هێنابوو.

## ئەوانەی ژنی بێگانەیان هێنابوو

١٨لەنێو کاهینەکان چەند کەسێکیان بینییەوە کە ژنی بێگانەیان هێنابوو:

لە نەوەی یەشوعی کوڕی یۆچاداق و براکانی:
مەعسێیاهو، ئەلیعەزەر، یاریڤ و گەدەلیاهو.
١٩ بەڵێنیان دا کە ژنە بێگانەکانیان دەربکەن
و لەبەر تاوانەکەیان بەرانێکی مێگەلیان
پێشکەش کرد.
٢٠ لە نەوەی ئیمێر:
حەنانی و زەڤەدیا.
٢١ لە نەوەی حاریم:
مەعسێیاهو، ئەلیاس، شەمەعیا، یەحیێل و
عوزیا.
٢٢ لە نەوەی پەشحور:
ئەلیۆعێنەی، مەعسێیاهو، ئیسماعیل، نەتەنێل،
یۆزاڤاد و ئەلعاسا.
٢٣ لە لێڤییەکان:
یۆزاڤاد، شیمعی، ڤێلایا کە ڤەلیتایە، پەتەحیا،
یەهودا و ئەلیعەزەر.
٢٤ لە گۆرانیبێژەکان:
ئەلیاشیڤ.
لە دەرگاوانەکان:
شەلوم، تەلەم و ئوری.
٢٥ لەنێو ئیسرائیلییەکانی دیکەش:
لە نەوەی پەرعۆش:
ڕەمیا، یەزییا، مەلکیا، میامین، ئەلعازار، مەلکیا
و بەنایا.
٢٦ لە نەوەی ئیلام:
مەتەنیا، زەکەریا، یەحیێل، عەبدی، یەرێمۆت و
ئەلیاس.
٢٧ لە نەوەی زەتو:
ئەلیۆعێنەی، ئەلیاشیڤ، مەتەنیا، یەرێمۆت،
زاڤاد و عەزیزا.
٢٨ لە نەوەی بێڤەی:
یەهۆحانان، حەنەنیا، زەبەی و عەتلای.
٢٩ لە نەوەی بانی:
مەشولام، مەلوخ، عەدایا، یاشوڤ، شەئال و
یەرێمۆت.
٣٠ لە نەوەی پەحەت‌مۆئاب:
عەدنا، کەلال، بەنایا، مەعسێیاهو، مەتەنیا،
بەسەلئێل، بەنوی و مەنەشە.
٣١ لە نەوەی حاریم:
ئەلیعەزەر، یەشییا، مەلکیا، شەمەعیا،
شیمەعۆن، ٣٢ بنیامین، مەلوخ و شەمەریاهو.
٣٣ لە نەوەی حاشوم:
مەتەنەی، مەتەتا، زاڤاد، ئەلیفەلەت، یەرێمەی،
مەنەشە و شیمعی.
٣٤ لە نەوەی بانی:
مەعەدەی، عەمرام، ئوئێل، ٣٥ بەنایا، بێدەیا،
کەلووهی، ٣٦ ڤەنیا، مەرێمۆت، ئەلیاشیڤ،
٣٧ مەتەنیا، مەتەنەی و یەعەسۆ.
٣٨ لە نەوەی بەنوی:
شیمعی، ٣٩ شەلەمیاهو، ناتان، عەدایا،
٤٠ مەخنەدەڤەی، شاشەی، شارای، ٤١ عەزەرئێل،
شەلەمیاهو، شەمەریاهو، ٤٢ شەلوم، ئەمەریا و
یوسف.
٤٣ لە نەوەی نەبۆ:
یەعیێل، مەتیسیا، زاڤاد، زەڤینا، یەدەی، یۆئێل
و بەنایا.
٤٤ هەموو ئەوانە ژنی بێگانەیان هێنابوو، هەروەها
هەندێك لە ژنەکان منداڵیان ببوو.

# نەحەمیا

**کورتە باسێك**

**هەموو کات دەرگای لێخۆشبوون و تۆبەکردن کراوەیە.**

پەڕتووکی نەحەمیا لەدوای ئەو بەڵگەنامە مێژووییە دێت کە عەزرا دەستی پێکرد، لایەنەکانی ژیانی گەلی خودا بەدەردەخات لەدوای گەڕانەوەیان لە ڕاپێچکراوی. بابەتی سەرەکی پەڕتووکی عەزرا بنیادنانەوەی پەرستگایە، بابەتی پەڕتووکی نەحەمیاش بنیادنانەوەی شوورای ئۆرشەلیمە. هەروەها گرنگی شوورای ئۆرشەلیم دەردەخات کە پاراستنی دانیشتووانەکەیەتی، ئینجا باسی چۆنیەتی بنیادنانی شووراکە دەکات وێڕای بوونی گرفتی ناوخۆ و دەرەکی. بانگەوازی دیاریکردنی ڕۆژێکی نیشتیمانی گشتی ڕاگەیەنرا بۆ تۆبەکردن و داوای لێخۆشبوون. پاشان دروستکردنی شوورای شار تەواو بوو.

بابەتی ئەم پەڕتووکە دەربارەی ڕاستییێکی پڕ لە ئازارە، خەڵکی پەندیان وەرنەگرتووە لەو وانەیەی کە خودا ویستی فێریان بکات. گەلی ئیسرائیل لە دەرئەنجامی گوناهەکانیان ڕاپێچ کران و لە هەموو لایەکی زەوی پەرتەوازە کران، ئێستاش هەمان گوناە دەکەنەوە، یاخی دەبنەوە و تووشی هەمان ئەو گرفتانە دەبنەوە کە پێشتر تووشی ببوون. گەلی خودا خواپەرستییان پشتگوێ خست، هەروەها نوێژ و خوێندنەوە و لێوردبوونەوە لە کتێبی پیرۆز، خەڵك ستەمی لە نزیکەکەی دەکرد و هەژاریان دەقۆستەوە بۆ ئەوەی بە کۆیلە بیفرۆشنە خەڵکی بێگانە، بەڵام خودا بە خۆشویستنی خۆی و پشوودرێژییەکەی بەردەوام بوو لە ناردنی پێغەمبەر و ئاگادارکەرەوەکانی و دەرگای تۆبە و لێخۆشبوونی لەبەردەمیان کردەوە بۆ ئەوەی لە تووڕەبوونی خودا دەرباز بن.

**نزای نەحەمیا**

١ یاداشتی نەحەمیای کوڕی حەخەلیا:

ئەوە بوو لە مانگی کیسلێڤ[a] لەساڵی بیستەم، کاتێك لە قەڵای شوش بووم، ٢حەنانی کە یەکێکە لە براکانم لەگەڵ چەند پیاوێك لە یەهوداوە هاتن، منیش لەبارەی ئەو جولەکانەی دەربازبوون، ئەوانەی لەدوای ڕاپێچکردنەکە مانەوە، لەبارەی ئۆرشەلیمەوە پرسیارم لێکردن.

٣پێیان گوتم کە ئەوانەی لەدوای ڕاپێچکردنەکە ماونەتەوە لەوێ لە هەرێمەکە لە تەنگانەیەکی گەورە و لە ڕیسوایی دان، شووراکانی ئۆرشەلیم ڕووخاون و دەروازەکانیشی سووتێنراون.

٤کاتێك گوێم لەم قسانە بوو، دانیشتم و گریام، چەند ڕۆژێك لەبەردەم خودای ئاسمان شینم گێڕا و لە ڕۆژووگرتن و نزاکردندا بووم. ٥دوای ئەوە گوتم:

«ئەی یەزدان، خودای ئاسمان، ئەی خودای مەزن و سامناك، ئەی ئەوەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەبەیتەسەر بۆ خۆشەویستانت و بۆ ئەوانەی فەرمانەکانت جێبەجێ دەکەن، ٦تکایە، با گوێیەکانت شل و چاوەکانت کراوەبن بۆ گوێگرتن لە نزای خزمەتکارەکەت، ئەوەی شەو و ڕۆژ لە پێناوی نەوەی ئیسرائیلی خزمەتکارەکانت لەبەردەمتدا دەیکات. دان بە گوناهەکانی نەوەی ئیسرائیلدا دەنێم، کە گوناهمان بەرامبەر بە تۆ کرد، هەروەها من و ماڵی باوکیشم گوناهمان کرد. ٧بە تەواوی بەرامبەر بە تۆ گەندەڵ بووین. فەرمان و فەرز و حوکمەکانی تۆمان بەجێنەهێنا کە تۆ فەرمانت بە موسای خزمەتکارت کردبوو.

٨«تکایە ئەو فەرمایشتەت بەبیر بهێنەرەوە کە فەرمانت پێی کرد کاتێك بە موسای

[a] ١ مانگی کیسلێڤ لەنێوان تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ئەمڕۆ بووە.

خزمەتکارت فەرموو: "ئەگەر ئێوە ناپاکی بکەن من بەناو گەلاندا پەرتەوازەتان دەکەم، [٩]بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لام و فەرمانەکانم بپارێزن و کاریان پێ بکەن، ئەگەر دوورخراوەکانتان لەوپەڕی ئاسمان بن، ئەوا لەوێوە کۆیان دەکەمەوە و دەیانهێنمە ئەم شوێنەی کە هەڵمبژارد هەتا تێیدا ناوەکەم نیشتەجێ بێت."

[١٠]«ئەوانە خزمەتکارانی تۆ و گەلی تۆن کە بە هێزە گەورەکەت و دەستە بە تواناکەت ئەوانت کڕییەوە. [١١]ئەی پەروەردگار، لێت دەپاڕێمەوە، تکایە با گوێت شل بێت بۆ نزای خزمەتکارەکەت و پاڕانەوەی ئەو خزمەتکارانەت کە خوازیارن لە ناوەکەت بترسن. تکایە ئەمڕۆ خزمەتکارەکەت سەرکەوتوو بکە و لەبەردەم ئەم پیاوەدا بەزەیی پێ ببەخشە.»

منیش ساقی پاشا بووم.

## ناردنی نەحەمیا بۆ ئۆرشەلیم

٢ ئەوە بوو لە مانگی نیسان، لە بیستەمین ساڵی ئەرتەحشەستە پاشا، شەرابی لەپێش بوو، منیش شەرابەکەم هەڵگرت و دامە پاشا. پێشتر لەبەردەمی ئەو خەمبار نەببووم، [٢]لەبەر ئەوە پاشا لێی پرسیم: «بۆچی ڕووت خەمبارە، لە کاتێکدا کە نەخۆش نیت؟ هەبێت و نەبێت دڵت بە خەمە.»

من زۆر ترسام، [٣]بەڵام بە پاشام گوت: «با پاشا هەتاهەتایە هەر بژیێت! چۆن ڕووم خەمبار نەبێت، کە ئەو شارەی ماڵی گۆڕستانی باوباپیرانمە کاول بووە، دەروازەکانیشی سووتێنراون؟»

[٤]پاشا پێی گوتم: «چیت دەوێت؟»

منیش نزام بۆ خودای ئاسمان کرد و [٥]بە پاشام گوت: «ئەگەر پاشا پێی باش بێت، ئەگەر خزمەتکارەکەت لەبەردەمت پەسەندە، بمنێرە یەهودا، بۆ شاری گۆڕستانی باوباپیرانم، تاوەکو بنیادی بنێمەوە.»

[٦]شاژنیش لەتەنیشتی پاشا دانیشتبوو. پاشا پێی گوتم: «گەشتەکەت چەندی پێ دەچێت و کەی دەگەڕێیتەوە؟» پاشا پێی خۆش بوو بمنێرێت، منیش کاتێکم بۆ دیاری کرد.

[٧]بە پاشام گوت: «ئەگەر پاشا پێی باش بێت، با چەند نامەیەکم بۆ پارێزگارەکانی هەرێمی ئەوبەری فورات پێ بدات بۆ ئەوەی ڕێگام بدەن هەتا دەگەمە یەهودا، [٨]هەروەها نامەیەك بۆ ئاسافی چاودێری دارستانەکانی پاشا بنووسە، تاکو دارم پێ بدات بۆ کاریتەی سەر دەروازەکانی قەڵای پەرستگاکە و شووراکانی شارەکە و ئەو ماڵەی کە تێیدا دەژیم.» پاشا پێیدام، چونکە دەستی چاکەی خوداکەم لەسەرم بوو. [٩]ئیتر چوومە لای پارێزگارەکانی هەرێمی ئەوبەری فورات و نامەکانی پاشام پێدان، پاشا چەند ئەفسەرێکی سوپا و چەند سوارێکی لەگەڵمدا ناردبوو.

[١٠]کاتێك سەنڤەلەت حۆرۆنی و تۆڤییای کاربەدەستی عەمۆنی ئەمەیان بیستەوە، زۆریان پێ ناخۆش بوو کە کەسێك هاتووە و هەوڵی چاکەی نەوەی ئیسرائیل دەدات.

## پشکنینی شووراکانی ئۆرشەلیم

[١١]هاتمە ئۆرشەلیم و سێ ڕۆژ لەوێ بووم، [١٢]ئینجا بە شەو هەستام و لەگەڵ چەند پیاوێکی کەم بەڕێ کەوتم، بە کەسیشم ڕانەگەیاند کە خوداکەم چی خستووەتە دڵمەوە هەتا لە ئۆرشەلیم بیکەم، بێجگە لەو وڵاخەی سواری ببووم هیچ وڵاخێکی دیکەم لەگەڵ نەبوو.

[١٣]بە شەو لە دەروازەی دۆڵەکە بە بەردەم بیری چەقەڵدا چوومە دەرەوە بۆ لای دەروازەی زبڵ و سەرنجم دایە شووراکانی ئۆرشەلیم کە ڕووخابوون و دەروازەکانی کە سووتابوون. [١٤]پاشان پەڕیمەوە بۆ دەروازەی کارێز و بۆ گۆمی پاشا، بەڵام جێگا نەبوو بۆ پەڕینەوەی ئەو وڵاخەی لە ژێرم بوو. [١٥]بە شەو بە دۆڵەکەدا سەرکەوتم و سەرنجم دایە شووراکە. دوایی گەڕامەوە و بە دەروازەی دۆڵەکەدا هاتمە ژوورەوە.

[١٦]کاربەدەستەکان نەیانزانی بۆ کوێ چووم و چیم کرد، هەتا ئەو کاتەش بە کەسم ڕانەگەیاندبوو، جولەکە و کاهین و پیاوماقوڵ و کاربەدەستەکان و ئەو کەسانەش کە دەبێت کارەکە بکەن.

[١٧]ئینجا پێم گوتن: «ئێوە ئەو خراپەیە دەبینن کە ئێمە تێیداین، کە ئۆرشەلیم کاولە و دەروازەکانی سووتێنراون. وەرن با شوورای ئۆرشەلیم بنیاد بنێینەوە و چیتر نەبینە مایەی ڕیسوایی.» [١٨]لەبارەی دەستی چاکەی خوداش کە لەسەرم بوو پێم ڕاگەیاندن، هەروەها قسەکانی پاشا کە پێی گوتبووم.

ئەوانیش گوتیان: «با هەستین و بنیادی بنێینەوە.» بازوویان لێ هەڵکرد بۆ چاکە.

[١٩]بەڵام کاتێك سەنڤەلەت حۆرۆنی و تۆڤیای کاربەدەستی عەمۆنی و گەشەمی عەرەبی ئەمەیان بیستەوە گاڵتە و سووکایەتییان پێکردین و گوتیان: «ئەمە چییە ئێوە دەیکەن؟ ئایا لە پاشا هەڵدەگەڕێنەوە؟»

[٢٠]منیش وەڵامم دانەوە و پێم گوتن: «خودای ئاسمان سەرکەوتوومان دەکات و ئێمەش خزمەتکاری ئەوین، هەڵدەستین و بنیادی دەنێینەوە، بەڵام ئێوە هیچ بەش و ماف و یادکردنەوەیەکتان لە ئۆرشەلیم نییە.»

## هاوکاری بۆ بنیادنانەوەی شووراکە

٣ ئەلیاشیڤی سەرۆکی کاهینان و برا کاهینەکانی هەستان و دەروازەی مەڕیان بنیاد ناوە و تەرخانیان کرد، دەرگاکانیشیان ڕاگرت. شووراکەشیان هەتا قوللەی سەد بنیاد ناوە و تەرخانیان کرد، هەروەها هەتا قوللەی حەنەنێل بنیادیان ناوە. [٢]لەتەنیشت ئەوەوە پیاوانی ئەریحا بنیادیان دەنا، لەتەنیشت ئەوانیش زەکوری کوڕی ئیمری بنیادی دەنا.

[٣]دەروازەی ماسیش نەوەی هەسەنائا بنیادیان ناوە و سەریان گرت، دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و شمشیرەکانی[a] . [٤]لەتەنیشت ئەوانیشەوە مەرێمۆتی کوڕی ئوریای هەقۆچ ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. لەتەنیشت ئەوانیشەوە مەشولامی کوڕی بەرەخیا کوڕی مەشێزەبێل ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. لەتەنیشت ئەوانیشەوە سادۆقی کوڕی بەعنا ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. [٥]لەتەنیشت ئەوانیشەوە تەقۆعییەکان ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە، بەڵام پیاوماقوڵەکانیان شانیان نەدایە پاڵ خزمەتەکەی یەزدانیان.

[٦]بۆ دەروازەی یەشاناش، یۆیاداعی کوڕی پاسێیەح و مەشولامی کوڕی بەسۆدەیا ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە، ئەوان سەریان گرت و دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و شمشیرەکانی. [٧]لەتەنیشت ئەوانیشەوە مەلەتیای گبعۆنی و یادۆنی مێرۆنۆتی کە خەڵکی گبعۆن و میچپا بوون، لەو شوێنانە کە لەژێر دەستی پارێزگاری هەرێمی ئەوبەری فورات بوون، ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە. [٨]لەتەنیشت ئەویشەوە عوزیێلی کوڕی حەرهەیا کە لە زێڕنگەرەکان بوو، ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. لەتەنیشت ئەویشەوە حەنەنیا لە نەوەی عەتارەکان ڕووخاوییەکانی چاککردەوە، ئینجا ئۆرشەلیمیان هەتا شوورا بەرینەکە تۆکمە کرد. [٩]لەتەنیشت ئەوانیشەوە ڕەفایای کوڕی حوور، سەرۆکی نیوەی ناوچەی ئۆرشەلیم ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. [١٠]لەتەنیشت ئەوانیشەوە یەدایای کوڕی حەرومەف لەبەردەم ماڵەکەی خۆی ڕووخاوییەکەی چاککردەوە. لەتەنیشت ئەویشەوە حەتوشی کوڕی حەشەڤنەیا ڕووخاوییەکەی چاککردەوە. [١١]بەشێکی دیکەش مەلکیای کوڕی حاریم و حەشوڤی کوڕی پەحەتمۆئاب چاکیان کردەوە، لەگەڵ قوللەی تەنوورەکانیش. [١٢]لەتەنیشت ئەویشەوە شەلومی کوڕی هەلۆحێش، سەرۆکی نیوەی ناوچەی

[a] ٣ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

ئۆرشەلیم، خۆی و کچەکانی ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە.

[13]دەروازەی دۆڵەکەش حانوون و دانیشتووانی زانۆوەح چاکیان کردەوە، ئەوان بنیادیان ناوە و دەرگاکانیان بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و شمشیرەکانی، هەزار باڵیش[a] لە شووراکە هەتا دەروازەی زبڵ.

[14]دەروازەی زبڵیش مەلکیای کوڕی ڕێکابی سەرۆکی ناوچەی بێتهاکارەم ڕووخاوییەکانی چاککردەوە و ئەو بنیادی ناوە، دەرگاکانی بەپێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و شمشیرەکانی.

[15]دەروازەی کارێزیش شەللونی کوڕی کۆلحوزێ سەرۆکی ناوچەی میچپا ڕووخاوییەکانی چاککردەوە، ئەو بنیادی ناوە و سەری گرت و دەرگاکانی بە پێوە ڕاگرت لەگەڵ قوفڵ و شمشیرەکانی. هەروەها شووراکەی گۆمی سیلوامی[b] چاککردەوە، هەتا باخچەی پاشا و هەتا پێپلیکانەکەی بەرەو خوارەوە دەچێت بۆ شاری داود. [16]پاش ئەویش نەحەمیای کوڕی عەزبوقی سەرۆکی نیوەی ناوچەی بێتچوور ڕووخاوییەکەی بەرامبەر گۆڕەکانی داودی چاککردەوە، هەتا گۆمە دەستکردەکە و هەتا ماڵی پاڵەوانەکان.

[17]پاش ئەویش لێڤییەکان بە سەرپەرشتی ڕەحومی بانی ڕووخاوییەکانیان چاککردەوە و لەتەنیشت ئەویشەوە حەشەڤیای سەرۆکی نیوەی ناوچەی قەعیلا لە بەشەکەی خۆی ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. [18]پاش ئەویش براکانیان، بەنوی کوڕی حێناداد، سەرۆکی نیوەی ناوچەی قەعیلا ڕووخاوییەکەیان چاککردەوە. [19]لەتەنیشت ئەویشەوە عێزەری کوڕی یێشوعی سەرۆکی میچپا بەشێکی دیکەی چاککردەوە لەبەردەم هەورازەکەی جبەخانەکەوە لەلای گۆشەکە. [20]پاش ئەو باروخی کوڕی زەبەی بە گوڕەوە بەشێکی دیکەی لە گۆشەکەوە هەتا دالآنی ماڵی ئەلیاشیڤی سەرۆك کاهین ڕووخاوییەکانی چاککردەوە. [21]دوای ئەویش مەرێمۆتی کوڕی ئوریای کوڕی هەقۆچ بەشێکی دیکەی لە دالآنی ماڵی ئەلیاشیڤەوە هەتا کۆتایی ماڵەکە چاککردەوە.

[22]پاش ئەویش کاهینەکانی خەڵکی دەشتەکە ڕووخاوییەکەیان چاککردەوە. [23]پاش ئەوانیش بنیامین و حەشوڤ بەرامبەری ماڵەکانی خۆیانیان چاککردەوە. پاش ئەمانیش عەزەریای کوڕی مەعسێیاهوی کوڕی عەنانیاش تەنیشت ماڵەکەی خۆی چاککردەوە. [24]پاش ئەویش بەنوی کوڕی حێناداد بەشێکی دیکەی چاککردەوە، لە ماڵی عەزەریاوە هەتا گۆشەکە و پەناکە. [25]پالالی کوڕی ئوزەییش لەبەردەم گۆشەکە و قوللەکە کە تەواوکەری کۆشکی باڵای پاشایە ئەوەی هی حەوشەی زیندانەکەیە، لەپاش ئەویشەوە پەدایای کوڕی پەرعۆش. [26]ئینجا کۆیلە تەرخانکراوەکان[c] ئەوانەی دانیشتووی گردی عۆفەل بوون چاکیان کردەوە هەتا بەردەم دەروازەی ئاو ڕووەو ڕۆژهەڵات لەگەڵ قوللە دەرەکییەکە. [27]پاش ئەوانیش تەقۆعییەکان بەشێکی دیکەیان چاککردەوە، لە بەرامبەر قوللە دەرەکییە گەورەکە هەتا دیواری عۆفەل.

[28]لەسەر دەروازەی ئەسپەکانیش، کاهینەکان چاکیان کردەوە، هەریەکە و بەرامبەر بە ماڵی خۆی. [29]پاش ئەوانیش سادۆقی کوڕی ئیمێر بەرامبەری ماڵەکەی خۆی چاککردەوە. پاش ئەویش شەمەعیای کوڕی شەخەنەیا کە چاودێری دەروازەی ڕۆژهەڵات بوو، شووراکەی چاککردەوە. [30]پاش ئەویش حەنەنیای کوڕی شەلەمیاهو و حانوونی کوڕی شەشەمی چالاف بەشێکی دیکەیان چاککردەوە. پاش ئەوانیش مەشولامی کوڕی بەرەخیا بەرامبەری ژوورەکەی خۆی چاککردەوە. [31]پاش ئەویش مەلکیا، کە یەکێك بوو لە زێڕنگەرەکان، هەتا ماڵی کۆیلە تەرخانکراوەکانی چاککردەوە، بازرگانەکانیش

---

[a] ١٣ هەزار باڵ: نزیکەی ٤٥٠ مەتر.

[b] ١٥ سیلوام: عیبری شیلۆوەح. بڕوانە ئیشایا ٦:٨ و یۆحەنا ٧:٩.

[c] ٢٦نەریتێك بووە کۆیلە دەبەخشرایە پەرستگا بۆ خزمەتکردن.

بەرامبەری دەروازەی پشکنین و خاڵی سەر گۆشەکە.
٣٢ زێڕنگەر و بازرگانەکان شووراکەیان لەنێوان خاڵی
سەر گۆشەکە هەتا دەروازەی مەڕ چاککردەوە.

## دژایەتییەکانی بنیادنانەوە

٤ کاتێك سەنڤەلەت بیستییەوە کە ئێمە
شووراکە بنیاد دەنێینەوە، ڕقی هەستا و زۆر
تووڕە بوو، گاڵتەی بە جولەکەکان کرد. ٢ لەبەردەم
یاوەرەکانی و سوپای سامیرە قسەی کرد و گوتی:
«ئەو جولەکە لاوازانە چی دەکەن؟ ئایا شووراکەیان
چاك دەکەنەوە؟ ئایا قوربانی سەردەبڕن؟ ئایا بە
ڕۆژێك تەواو دەبن؟ ئایا بەردەکان کە لەناو گردە
خۆڵەکان سووتێنراون دەیانژیێننەوە؟»
٣ تۆڤییای عەمۆنیش لەلایەوە بوو و گوتی: «ئەوەی
ئەوان بنیادی دەنێنەوە، ئەگەر ڕێوییەك سەربکەوێتە
سەری دیوارە بەردەکەیان دەڕووخێنێت!»

٤ «ئەی خودای ئێمە، گوێت لێ بێت، چونکە ئێمە
بووینە مایەی سووکایەتی، توانجەکانیان بەسەر
خۆیاندا بگەڕێنەوە و با لە خاکی دیلییێتی تاڵان
بکرێن. ٥ تاوانەکانیان دامەپۆشە و گوناهەکانیان
لەبەردەمتدا مەسڕەوە، چونکە ئەوان لەبەردەم
بنیادنەراندا پەستیان کردیت.»

٦ جا شووراکەمان بنیاد ناوە و هەموو شووراکە
هەتا نیوەی بە یەك گەیشت. گەلیش دڵیان لەسەر
کارەکە بوو.
٧ ئەوە بوو کاتێك سەنڤەلەت و تۆڤییا و عەرەب
و عەمۆنی و ئەشدۆدییەکان بیستیانەوە کە
چاککردنەوەی شووراکانی ئۆرشەلیم بەرەو پێش
دەچوو، خەریك بوو کەلێنەکان پڕ دەکرێنەوە،
زۆر ڕقیان هەستا. ٨ جا هەموو پێکەوە پیلانیان گێڕا
هەتا بێن و لە دژی ئۆرشەلیم بجەنگن و کێشەی بۆ
بنێنەوە. ٩ ئێمەش نزامان بۆ خودامان کرد، شەو و ڕۆژ
پاسەوانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوان ڕاگرت.
١٠ لەو کاتەدا خەڵکی یەهودا گوتیان: «کرێکارەکان
توانایان لەبەر بڕاوە، خۆڵەکەش زۆرە و ئێمەش
ناتوانین شووراکە بنیاد بنێینەوە!»
١١ ناحەزەکانیشمان گوتیان: «پێش ئەوەی بزانن
و ببینن، دەچینە ناویان و دەیانکوژین، کارەکە
ڕادەگرین.»
١٢ ئینجا ئەو جولەکانەی لە نزیکیانەوە نیشتەجێ
بوون، هاتن و دە جار پێیان گوتین: «ئێوە ئاوڕ لە
هەرکوێیەك بدەنەوە، ئەوان لەسەرمان دەبن.»
١٣ ئیتر هەندێك لە گەلەکەم لە خوار شوێنەکەوە،
لە پشت شووراکە، لە شوێنە بەرچاوەکان
ڕاگرت، بەگوێرەی خێڵەکانیان بە شمشێر و ڕم و
تیروکەوانەکانیانەوە گەلم ڕاگرت. ١٤ ئینجا سەیرم کرد
و هەستام بە پیاوماقوڵ و کاربەدەست و پاشماوەی
گەلم گوت: «لێیان مەترسن، بەڵکو پەروەردگاری
گەورە و سامناکم بهێننەوە بیرتان، لە پێناوی برا و
کوڕ و کچ و ژن و ماڵەکانتان بجەنگن.»
١٥ دوای ئەوەی دوژمنەکانمان بیستیانەوە کە ئێمە
زانیومانە و خودا پیلانەکەیانی پووچ کردووەتەوە،
هەموو گەڕاینەوە بۆ شووراکە، هەریەکە بۆ سەر
کارەکەی خۆی.
١٦ لەو ڕۆژەوە نیوەی خزمەتکارەکانم کارەکەیان
دەکرد و نیوەشیان ڕم و قەڵغان و تیروکەوانیان
هەڵگرتبوو و سپەریان پۆشیبوو، ئەفسەرەکانیش
پشتگیری هەموو بنەماڵەی یەهودایان دەکرد.
١٧ بیناسازەکان لەسەر شووراکە بوون و ئەوانەی کە
کەرەستەیان دەگواستەوە، بە دەستێك کارەکەیان
دەکرد و بە دەستەکەی دیکەش چەکیان هەڵدەگرت.
١٨ بیناسازەکانیش هەریەکە شمشێرەکەی بە
ناوقەدیەوە بەستبوو و بنیادی دەنا، ئەوەش فووی بە
کەڕەنادا دەکرد لەتەنیشتم بوو.
١٩ ئینجا بە پیاوماقوڵ و کاربەدەست و پاشماوەی
گەلم گوت: «ئیشەکە زۆرە و بەربڵاوە، ئێمەش
پەرتین لەسەر شووراکە لە یەکتر دوورین. ٢٠ لەبەر
ئەوە لەو شوێنەی گوێتان لە دەنگی کەڕەناکە بوو،
بگەنە لامان بۆ ئەوێ، خودامان بۆمان دەجەنگێت!»
٢١ ئیتر ئێمە کارەکەمان دەکرد و نیوەیان لە

بەرەبەیانەوە هەتا دەرکەوتنی ئەستێرەکان ڕمەکانیان لەدەست دەگرت. [٢٢]هەروەها لەو کاتەدا بە هەموو گەلم گوت: «با هەریەکە لەگەڵ خزمەتکارەکەی لەناوەڕاستی ئۆرشەلیم بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە شەو پاسەوانمان بن و بە ڕۆژیش کار بکەن.» [٢٣]جا نە من و نە براکانم و نە خزمەتکارەکانم و نە پاسەوانەکانی دوای من، جلەکانمان دانەکەند، بەڵکو هەریەکە و بە چەکەکەیەوە بۆ ئاوکێشان دەچووین.

## یارمەتی نەحەمیا بۆ هەژاران

٥ هاواری ژن و پیاوەکان لەدەست برا جولەکەکانیان بەرزبووەوە. [٢]هەبوو دەیانگوت: «کوڕ و کچەکانمان زۆرن و لێمانگەڕێن دانەوێڵە ببەین، هەتا بخۆین و بژین.»

[٣]هەبوو دەیانگوت: «لەو قاتوقڕییەدا کێڵگە و ڕەز و ماڵەکانمان بە بارمتە دەدەین بۆ وەرگرتنی دانەوێڵە.»

[٤]هەروەها هەبوو دەیانگوت: «زیومان قەرز کردووە هەتا باجی کێڵگە و ڕەزەکانمان بدەینە پاشا. [٥]ئێستاش هەرچەندە ئێمە لە گۆشت و خوێنی یەکین و کوڕەکانی ئەوان و ئێمە وەك یەکن، بەڵام ئێمە زۆر لە کوڕ و کچەکانمان دەکەین ببن بە کۆیلە، هەندێك لە کچەکانمان ژێردەستەن و لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نین، کێڵگە و ڕەزەکانمان بۆ کەسانی دیکەن.»

[٦]زۆر تووڕە بووم کاتێك گوێم لە هاوارەکەیان و ئەو قسانە بوو، [٧]لەبیری خۆمدا لێکم دایەوە و مشتومڕم لەگەڵ پیاوماقوڵ و کاربەدەستەکان کرد و پێم گوتن: «ئێوە سوو لە براکانتان وەردەگرن!» ئینجا کۆمەڵێکی گەورەم لە دژیان کۆکردەوە و [٨]پێم گوتن: «ئێمە بەپێی توانامان برا جولەکەکانمان ئەوانەی بە نەتەوەکان فرۆشرا بوون کڕیونەتەوە، کەچی ئێوە براکانتان دەفرۆشن و پاشان بە ئێمە دەفرۆشرێنەوە!» ئینجا لاڵ بوون و یەك وشەیان نەبوو وەڵامی پێ بدەنەوە.

[٩]گوتم: «ئەوەی ئێوە دەیکەن کارێکی باش نییە. ئایا پێویست نییە ئێوە بە لەخواترسییەوە هەڵسوکەوت بکەن لەبەر گاڵتەپێکردنی ئەو نەتەوانەی دوژمنمانن؟ [١٠]من و براکانم و خزمەتکارەکانم بە هەمان شێوە زیو و دانەوێڵەمان بە قەرز داونەتێ، تکایە ئیتر با واز لەم سووە بهێنین! [١١]تکایە هەر ئەمڕۆ کێڵگە و ڕەز و باخە زەیتوون و ماڵەکانیان و یەك لە سەدی ئەو زیو و دانەوێڵە و شەرابە نوێیە و ئەو زەیتەی کە لێتان وەرگرتوون، بۆیانی بگێڕنەوە.»

[١٢]ئەوانیش گوتیان: «دەیگەڕێنینەوە و داوایان لێ ناکەین، ئاوا دەکەین وەك ئەوەی تۆ گوتت.»

ئینجا کاهینەکانم بانگکرد، پیاوماقوڵ و کاربەدەستەکانیشم سوێند دا کە ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکەن. [١٣]پاشان سنگی کراسەکەمم تەکاند و گوتم: «خودا هەرکەسێك ئاوا بتەکێنێت کە ئەم بەڵێنە نەهێنێتە دی، با ئاوا لە ماڵەکەی و لە ڕەنجەکەی تەکێنراو و بەتاڵ بێت.»

ئینجا هەموو کۆمەڵەکە گوتیان: «ئامین» و ستایشی یەزدانیان کرد، گەل ئەم بەڵێنەیان پەیڕەو کرد.

[١٤]هەروەها لەو ڕۆژەوە کە فەرمانم پێ کرا ببمە پارێزگاریان لە خاکی یەهودا، لە بیستەمین ساڵەوە هەتا سی و دووەمین ساڵی ئەرتەحشەستەی پاشا، دوازدە ساڵ نە من و نە براکانم نانی پارێزگاریەتیمان نەخوارد. [١٥]بەڵام پارێزگارەکانی پێشوو ئەوانەی لەپێش من بوون باری گەلیان گران کردبوو، نان و شەرابیان لێ دەسەندن، بێجگە لە چل شاقل زیو[a]، هەروەها خزمەتکارەکانیشیان بەسەر گەلدا زاڵ ببوون. بەڵام من لە ترسی خودا وام نەکرد، [١٦]هەروەها لە کاری ئەم شوورایە بەشدار بووم و کێڵگەمان نەکڕی، هەموو خزمەتکارەکانیشم لەوێ لەسەر کارەکە کۆببوونەوە.

[١٧]هەروەها لە جولەکە و کاربەدەستەکان سەد و پەنجا پیاو لەگەڵ ئەوانەی لە نەتەوەکانی دەوروبەرمانەوە دەهاتن لەسەر خوانەکەم بوون. [١٨]ئەوەی بۆ یەك ڕۆژ دەکرا، گایەك و شەش مەڕی

[a] ١٥ چل شاقل زیو: نزیکەی نیو کیلۆگرام.

هەڵبژاردە، بۆ منیش باڵندە دەکرا، هەموو دە ڕۆژێکیش لە هەموو جۆرێکی شەراب بە بڕێکی زۆر، لەگەڵ ئەمەشدا داوای نانی پارێزگاریەتیم نەکرد، چونکە کۆیلایەتییەکە لەسەر ئەم گەلە زۆر گران بوو.
[١٩]خودایە هەرچیم بۆ ئەم گەلە کردووە بۆ من بە چاکە بەبیر خۆتی بهێنەرەوە.

## دژایەتییەکانی دیکە لە بنیادنانەوە

٦ ئەوە بوو کە سەنڤەلەت و تۆڤییا و گەشەمی عەرەبی و پاشماوەی دوژمنەکانمان بیستیانەوە کە شووراکەم بنیاد ناوەتەوە و هیچ کەلێنێکی تێدا نەماوە، هەرچەندە هەتا ئەو کاتە هێشتا دەرگام لە دەروازەکاندا دانەنابوو، [٢]سەنڤەلەت و گەشەم پەیامیان بۆ ناردم و گوتیان: «وەرە با لە یەکێك لە گوندەکانی دەشتی ئۆنۆ پێکەوە کۆببینەوە.»

ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە خراپەم لەگەڵدا بکەن. [٣]منیش چەند نێردراوێکم بۆ لایان نارد و گوتم: «من خەریکی کارێکی گەورەم و ناتوانم دابەزم بۆ لاتان. بۆچی کارەکە بوەستێت، دەستی لێ هەڵبگرم و بێمە لاتان؟» [٤]جا چوار جار هەمان پەیامیان بۆ ناردم، منیش هەمان وەڵامم دانەوە.

[٥]پاشان بۆ جاری پێنجەم، سەنڤەلەت خزمەتکارەکەی بە هەمان پەیامەوە ناردە لام و نامەیەکی کراوەی بەدەستەوە بوو، [٦]تێیدا نووسرابوو:

> «لەنێو نەتەوەکاندا بیستراوە و گەشەم دەڵێت، تۆ و جولەکەکان بیر لە یاخیبوون دەکەنەوە، لەبەر ئەوە شووراکە بنیاد دەنێیت. هەروەها بەپێی ئەم هەواڵانە دەبیتە پاشایان، [٧]چەند پێغەمبەرێکت بۆ خۆت ڕاگرتووە هەتا بەناو ئۆرشەلیمدا بانگەوازت بۆ بکەن و بڵێن: ”لە یەهودا پاشا هەیە!“ ئێستاش ئەم هەواڵانە بە پاشا ڕادەگەیەنرێت، ئێستا وەرە با پێکەوە ڕاوێژ بکەین.»

[٨]منیش ئەم وەڵامەم بۆ نارد: «هیچ کەم لەو شتانەی کە تۆ باسیان دەکەیت ڕووی نەداوە، بەڵکو هەڵبەستراوی دڵی خۆتە.»

[٩]هەموویان هەوڵیان دەدا بمانترسێنن و دەیانگوت، «دەستیان لە کارەکە سارد بووەتەوە و کارەکە ناکرێت.»

بەڵام نزام کرد: «ئەی خودایە، ئێستاش دەستم بەهێز بکە.»

[١٠]ئیتر ڕۆژێك چوومە ماڵی شەمەعیای کوڕی دەلایای کوڕی میهێتەبێل کە لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر بوو، گوتی: «با لەناو ماڵی خودا کۆببینەوە، لەناوەڕاستی پەرستگادا و دەرگاکانی پیرۆزگا دابخەین، چونکە بۆ کوشتنت دێن، بە شەو دێن بتکوژن.»

[١١]منیش گوتم: «ئایا پیاوێکی وەك من هەڵدێت؟ ئایا کەسێکی وەك من دەچێتە ناو پەرستگاوە هەتا بژیێت؟ ناچمە ژوورەوە!» [١٢]بۆم دەرکەوت کە خودا نەیناردووە، بەڵکو بە درۆ پێشبینیی لەسەر من کردووە، چونکە تۆڤییا و سەنڤەلەت بە کرێیان گرتبوو. [١٣]بەکرێ گیرابوو هەتا بمترسێنێت و ئاوا بکەم و گوناهبار بم، ئینجا بەوە ناوم بزڕێنن و ئابڕووم ببەن.

[١٤]ئەی خودای من، بەگوێرەی ئەم کردەوانەیان تۆڤییا و سەنڤەلەتت لەبیر بێت، هەروەها نۆعەدیای پێغەمبەرە ژن و پاشماوەی ئەو پێغەمبەرانەی کە دەمترسێنن!

## تەواوکردنی شووراکە

[١٥]شووراکە لە بیست و پێنجی ئەیلول تەواو بوو، بە ماوەی پەنجا و دوو ڕۆژ. [١٦]کاتێك هەموو دوژمنەکانمان بیستیان، هەموو نەتەوەکانی دەوروبەرمان ترسان و متمانەیان بە خۆیان نەما، زانییان کە ئەم کارە لەلایەن خودامانەوە کراوە.

[١٧]هەروەها لەو ڕۆژانەدا زۆربەی پیاوماقوڵانی یەهودا نامەیان بۆ تۆڤییا دەنارد و لە تۆڤییاشەوە بۆ ئەوان دەهاتەوە، [١٨]چونکە زۆر لە یەهودا هاوپەیمانی بوون، لەبەر ئەوەی ئەو زاوای

شەخەنەیای کوڕی ئارەح بوو، یەهۆحانانی
کوڕیشی کچی مەشولامی کوڕی بەرەخیای هێنابوو.
١٩ هەروەها لەبەردەممدا باسیان لە کارە چاکەکانی
ئەو دەکرد و قسەکانی منیان بۆی دەگێڕایەوە. ئینجا
تۆڤیا چەند نامەیەکی نارد بۆ ئەوەی بمترسێنێت.

٧ ئەوە بوو کە شووراکە بنیاد نراوە و دەرگاکانم
دانا، دەرگاوان و گۆرانیبێژ و لێڤییەکان دانران.
٢ فەرمانم کرد حەنانی برام و حەنەنیای سەرۆکی
قەڵاکە سەرپەرشتی ئۆرشەلیم بکەن، چونکە
پیاوێکی دەستپاك بوو، لەوانی دیکە زیاتر لە خودا
دەترسا. ٣ پێم گوتن: «هەتا خۆر گەرم نەبێت، نابێت
دەروازەکانی ئۆرشەلیم بکرێنەوە. پێش ڕۆیشتنی
دەرگاوانەکان دەبێ دەرگاکان دابخرێن و شمشیرەیان
لێبدرێت. هەروەها هەندێك دانیشتووانی ئۆرشەلیم
بکرێنە پاسەوان، هەندێکیان لە شوێنی پاسەوانی
دیاریکراوی خۆیان و هەندێکیشیان بەرامبەری
ماڵەکەی خۆیان.»

## ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕاونەتەوە

٤ شارەکە بەرفراوان و گەورە بوو، گەلێکی کەمیش
لەناویدا بوو، هێشتا ماڵەکان بنیاد نەنرابوون. ٥ ئیتر
خودا خستییە دڵمەوە کە پیاوماقوڵ و کاربەدەست
و گەل کۆبکەمەوە بۆ تۆمارکردنی ڕەچەڵەکیان، جا
تۆماری ڕەچەڵەکنامەی ئەوانەم دۆزییەوە کە یەکەم
جار لە ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە، بینیم ئەمەی تێدا
نووسراوە:

٦ ئەمانەش خەڵکی هەرێمەکەن،
ئەوانەی لە ڕاپێچکراوی گەڕانەوە، ئەوانەی
نەبوخودنەسری پاشای بابل ڕاپێچی کردبوون،
گەڕانەوە ئۆرشەلیم و یەهودا، هەریەکە بۆ
شارۆچکەکەی خۆی. ٧ ئەوانەی لەگەڵ زروبابل
هاتنەوە، یەشوع، نەحەمیا، عەزەریا، ڕەعەمیا،
نەحەمانی، مۆردەخای، بیلشان، میسپەرەت،
بیگڤەی، نەحوم و بەعنا.

ژمارەی پیاوانی گەلی ئیسرائیل:

٨ نەوەی پەرعۆش، دوو هەزار و سەد و حەفتا و
دوو؛
٩ نەوەی شەفەتیا، سێ سەد و حەفتا و دوو؛
١٠ نەوەی ئارەح، شەش سەد و پەنجا و دوو؛
١١ نەوەی پەحەتمۆئاب لە نەوەی یێشوع و یۆئاب،
دوو هەزار و هەشت سەد و هەژدە؛
١٢ نەوەی ئیلام، هەزار و دوو سەد و پەنجا و چوار؛
١٣ نەوەی زەتو، هەشت سەد و چل و پێنج؛
١٤ نەوەی زەکای، حەوت سەد و شەست؛
١٥ نەوەی بەنوی، شەش سەد و چل و هەشت؛
١٦ نەوەی بێڤەی، شەش سەد و بیست و هەشت؛
١٧ نەوەی عەزگاد، دوو هەزار و سێ سەد و بیست و
دوو؛
١٨ نەوەی ئەدۆنیقام، شەش سەد و شەست و
حەوت؛
١٩ نەوەی بیگڤەی، دوو هەزار و شەست و حەوت؛
٢٠ نەوەی عادین، شەش سەد و پەنجا و پێنج؛
٢١ نەوەی ئاتێر لە حەزقیا، نەوەد و هەشت؛
٢٢ نەوەی حاشوم، سێ سەد و بیست و هەشت؛
٢٣ نەوەی بێسای، سێ سەد و بیست و چوار؛
٢٤ نەوەی حاریف، سەد و دوازدە؛
٢٥ نەوەی گبعۆن، نەوەد و پێنج.

٢٦ پیاوانی بێتلەحم و نەتۆفا، سەد و هەشتا و
هەشت؛
٢٧ پیاوانی عەناتۆت، سەد و بیست و هەشت؛
٢٨ پیاوانی بێتعەزماڤەت، چل و دوو؛
٢٩ پیاوانی قیریەت یەعاریم، کەفیرا و بئێرۆت،
حەوت سەد و چل و سێ؛
٣٠ پیاوانی ڕامە و گەڤەع، شەش سەد و بیست و
یەك؛
٣١ پیاوانی میخماس، سەد و بیست و دوو؛
٣٢ پیاوانی بێتئێل و عای، سەد و بیست و سێ؛
٣٣ پیاوانی نەبۆکەی دیکە، پەنجا و دوو؛
٣٤ پیاوانی ئیلامەکەی دیکە، هەزار و دوو سەد و
پەنجا و چوار؛
٣٥ پیاوانی حاریم، سێ سەد و بیست؛

٣٦ پیاوانی ئەریحا، سێ سەد و چل و پێنج؛
٣٧ پیاوانی لۆد، حادید و ئۆنۆ، حەوت سەد و بیست و یەک؛
٣٨ پیاوانی سەنائا، سێ هەزار و نۆ سەد و سی.
٣٩ کاهینەکان:

نەوەی یەدایا لە بنەماڵەی یێشوع، نۆ سەد و حەفتا و سێ؛
٤٠ نەوەی ئیمێر، هەزار و پەنجا و دوو؛
٤١ نەوەی پەشحور، هەزار و دوو سەد و چل و حەوت؛
٤٢ نەوەی حاریم، هەزار و حەڤدە.
٤٣ لێڤییەکان:

نەوەی یێشوع لە نەوەی قەدمیێل، لە نەوەی هۆدەیڤاهو، حەفتا و چوار.
٤٤ گۆرانیبێژەکان:

نەوەی ئاساف، سەد و چل و هەشت.
٤٥ دەرگاوانەکان:

نەوەکانی
شەلوم، ئاتێر، تەلمۆن، عەقوڤ، حەتیتا و شۆڤای، سەد و سی و هەشت.
٤٦ کۆیلە تەرخانکراوەکان:

نەوەکانی
چیحا، حەسوفا، تەباعۆت،
٤٧ قێرۆس، سیعا، پادۆن،
٤٨ لەڤانا، حەگابا، شەلمای،
٤٩ حانان، گیدێل، گەحەر،
٥٠ ڕەئایا، ڕەچین، نەقۆدا،
٥١ گەزام، عوزە، پاسێیەح،
٥٢ بێسەی، مەعونیم، نەفوسیم،
٥٣ بەقبوق، حەقوفا، حەرحور،
٥٤ بەچلوت، مەحیدا، حەرشا،
٥٥ بەرقۆس، سیسرا، تەمەح،
٥٦ نەچیەح و حەتیفا.
٥٧ نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان:

نەوەکانی
سۆتەی، سۆفەرەت، پەریدا،
٥٨ یەعلا، دەرقۆن، گیدێل،
٥٩ شەفەتیا، حەتیل، پۆخەرەتهەچەڤایم و ئامۆن.

٦٠ سەرجەم کۆیلە تەرخانکراوەکان و نەوەکانی خزمەتکارانی سلێمان، سێ سەد و نەوەد و دوو بوون.

٦١ ئەمانەش ئەوانەن کە لە شارۆچکەکانی تێلمەلەح، تێلحەرشا، کەروڤ، ئەدۆن و ئیمێرەوە سەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی پێناسەی بنەماڵە و ڕەچەڵەکیان دیاری بکەن کە لە نەوەی ئیسرائیلن:

٦٢ نەوەکانی
دەلایا و تۆڤییا و نەقۆدا، شەش سەد و چل و دوو.
٦٣ لە کاهینەکانیش:

نەوەکانی
حۆڤەیا، هەقۆچ و بەرزلای، کە کچێکی بەرزیلەیی گلعادی هێنا و بە نازناوی ئەوانەوە ناونرا.
٦٤ ئەمانە بەدوای ڕەچەڵەکنامەکانیاندا گەڕان، بەڵام نەدۆزرانەوە، لەبەر ئەوە لە کاهینێتی قەدەغە کران. ٦٥ پارێزگارەکە پێی گوتن، نابێت لە هەرەپیرۆزەکان بخۆن هەتا ئەو کاتەی کاهینێک بۆ ئوریم و تومیم[a] دادەنرێت.

٦٦ هەموو کۆمەڵەکە پێکەوە چل و دوو هەزار و سێ سەد و شەست کەس بوون، ٦٧ جگە لە خزمەتکار و کارەکەرەکانیان کە حەوت هەزار و سێ سەد و سی و حەوت

---

[a] ٦٥ دوو بەردی گرانبەها بوون، لە کاتی بڕیاردان بۆ زانینی خواستی خودا بەکارهێنراون، بڕوانە دەرچوون ٢٨:‏٣٠ و یەکەم ساموئێل ٢٣:‏٩-١٢.

کەس بوون، هەروەها دوو سەد و چل و پێنج گۆرانیبێژی پیاو و ژنیان هەبوو. ٦٨ حەوت سەد و سی و شەش ئەسپ[a]، دوو سەد و چل و پێنج هێستر، ٦٩ چوار سەد و سی و پێنج وشتر، شەش هەزار و حەوت سەد و بیست گوێدرێژ.

٧٠ هەندێك لە گەورەی بنەماڵەکان بەخشینیان بۆ کارەکە پێشکەش کرد، پارێزگارەکە هەزار درهەمی[b] زێڕی بە گەنجینەی بەڕێوەبردنی کارەکە بەخشی لەگەڵ پەنجا تاس[c] و سی و پێنج کراس بۆ کاهینەکان. ٧١ هەندێکیش لە گەورەی بنەماڵەکان بەخشینیان دایە گەنجینەی بەڕێوەبردنی کارەکە، بیست هەزار درهەمی زێڕ و دوو هەزار و دوو سەد[d] مەنای زیو. ٧٢ ئەوەی پاشماوەی گەل بەخشییان، بیست هەزار درهەمی زێڕ، دوو هەزار مەنای زیو، لەگەڵ شەست و حەوت کراس بۆ کاهینەکان.

٧٣ کاهین و لێڤی و گۆرانیبێژ و دەرگاوان و کۆیلە تەرخانکراوەکان، لەگەڵ هەندێك کەسانی دیکە، لە شارۆچکەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بوون، پاشماوەی ئیسرائیلییەکانیش لە شارۆچکەکانیان نیشتەجێ بوون.

## عەزرا تەورات دەخوێنێتەوە

کاتێك مانگی حەوت هات، نەوەی ئیسرائیل لە شارۆچکەکانی خۆیان بوون.

**٨** ئینجا هەموو گەل وەك یەك کەس لە گۆڕەپانەکەی بەردەم دەروازەی ئاودا کۆبوونەوە و بە عەزرای مامۆستای تەوراتیان گوت، پەڕتووکی تەوراتی موسا بهێنێت کە یەزدان فەرمانی پێ کردبوو بۆ ئیسرائیل.

٢ عەزرای کاهینیش پەڕتووکی تەوراتی هێنایە بەردەم کۆمەڵەکە، ژن و پیاو و هەموو ئەوانەی بە تێگەیشتنەوە گوێ دەگرن، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی حەوت. ٣ لە بەیانییەوە هەتا نیوەڕۆ، لەبەردەم گۆڕەپانەکەی پێش دەروازەی ئاو، بۆ ژن و پیاو و تێگەیشتووان خوێندییەوە، هەموو گەلیش گوێیان بۆ پەڕتووکی تەورات شل کردبوو.

٤ عەزرای مامۆستای تەورات لەسەر ئەو دووانگەیە ڕاوەستا کە بۆ ئەو کارە لە دار دروستکرابوو، مەتیسیا و شەمەع و عەنایا و ئوریا و حیلقیا و مەعسێیاهو لەلای ڕاستییەوە ڕاوەستان و لەلای چەپیشییەوە پەدایا و میشائیل و مەلکیا و حاشوم و حەشبەدانا و زەکەریا و مەشولام ڕاوەستان.

٥ عەزرا پەڕتووکەکەی لەبەرچاوی هەموو گەل کردەوە، چونکە لە سەرووی هەموو گەلەوە بوو، کە پەڕتووکەکەی کردەوە هەموو گەل هەستانە سەرپێ. ٦ عەزرا ستایشی یەزدانی پەروەردگاری گەورەی کرد، هەموو گەلیش دەستیان بەرزکردەوە و وەڵامیان دایەوە: «ئامین! ئامین!» کڕنۆشیان بۆ یەزدان برد و سەریان خستە سەر زەوی.

٧ لێڤییەکان، یێشوع و بانی، شێرێڤیا، یامین، عەقوڤ، شەبەتەی، هۆدیا، مەعسێیاهو، قەلیتا، عەزەریا، یۆزاڤاد، حانان و پەلایا بۆ گەل ڕوون دەکردنەوە، گەلیش لە جێی خۆیان بوون. ٨ بە ڕوونی پەڕتووکی تەوراتی خودایان خوێندەوە، واتاکەیان لێکدایەوە بۆ ئەوەی گەل لەوە تێبگات کە دەخوێنرایەوە.

٩ پاشان نەحەمیا کە پارێزگار بوو لەگەڵ عەزرای کاهین و مامۆستای تەورات و ئەو لێڤییانەی گەلیان تێدەگەیاند بە هەموو گەلی گوت: «ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە بۆ یەزدانی پەروەردگارتان، لەبەر ئەوە شیوەن مەگێڕن و مەگریێن.» چونکە هەموو گەل کاتێك گوێیان لە وشەکانی تەورات بوو گریابوون.

١٠ ئینجا نەحەمیا پێی گوتن: «بڕۆن لە قەڵەوەکان

[a] ٦٨ بڕوانە عەزرا ٢:٦٦.

[b] ٧٠ هەزار درهەم: نزیکەی ٨،٥ کیلۆگرام.

[c] ٧٠ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ٩:١٥؛ ١٤:٢٠ و عیبرانییەکان ٩:١٣.

[d] ٧١ نزیکەی ١،٢ تەنی زیو.

بخۆن و لە شیرینەکان بخۆنەوە و بەشی ئەوانەش
بنێرن کە بۆیان ئامادە نەکراوە. ئەمڕۆ پیرۆزە بۆ
یەزدانمان، دڵتەنگ مەبن، چونکە خۆشی یەزدان
هێزتانە.»
١١ لێڤییەکانیش هەموو گەلیان هێور دەکردەوە
و دەیانگوت: «بێدەنگ بن، چونکە ئەمڕۆ پیرۆزە،
دڵتەنگ مەبن.»
١٢ پاشان هەموو گەل چوون بۆ ئەوەی بخۆن و
بخۆنەوە، بەشە خواردن بنێرن و ئاهەنگێکی گەورە
بگێڕن، چونکە لەو وشانە تێگەیشتن کە فێر کران.
١٣ لە ڕۆژی دووەم گەورەی بنەماڵەکانی هەموو
گەل و کاهین و لێڤییەکان لەلای عەزرای مامۆستای
تەورات کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پەیامی تەوراتیان
تێبگەیەنێت. ١٤ جا بینییان لەو تەوراتەی کە یەزدان
لەسەر دەستی موسا فەرمانی پێ کردووە، نووسراوە
کە نەوەی ئیسرائیل لە کاتی جەژندا[a] کەپرنشین
دەبن، لە مانگی حەوت، ١٥ پێویستە لەناو هەموو
شارۆچکەکانیان و لە ئۆرشەلیمدا بانگەواز بکەن و
بڵێن: «بچنە دەرەوە بۆ چیاکان و چڵی زەیتوون و
زەیتوونی کێوی و مۆرد[b] و دار خورما و داری گەڵادار
بهێنن بۆ دروستکردنی کەپر،» هەروەك نووسراوە.
١٦ جا گەل ڕۆیشتن و هێنایان و کەپریان بۆ
خۆیان دروستکرد، هەریەکە و لەسەر بانی ماڵەکەی
و لەناو حەوشەکانیان و حەوشەکانی ماڵی خودا
و گۆڕەپانەکەی دەروازەی ئاو و گۆڕەپانەکەی
دەروازەی ئەفرایم. ١٧ هەموو ئەو کۆمەڵەی لە
ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە کەپریان دروستکرد و لەناو
کەپردا دانیشتن، چونکە لە سەردەمی یەشوعی کوڕی
نونەوە هەتا ئەو ڕۆژە نەوەی ئیسرائیل ئاهەنگێکی
گەورەی لەو جۆرەیان نەگێڕابوو.
١٨ ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لە پەڕتووکی تەوراتی
خودا دەخوێنرایەوە، لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا
ڕۆژی کۆتایی، حەوت ڕۆژ جەژنیان گێڕا و لە ڕۆژی
هەشتەمدا بەپێی ڕێوڕەسم ئاهەنگی کۆتاییپێهێنان
بوو.

## دانپێدانانی نەوەی ئیسرائیل بە گوناهەکانیان

٩ لە بیست و چواری ئەم مانگەدا نەوەی
ئیسرائیل کۆبوونەوە، بە ڕۆژوو و جلوبەرگی
گوش[c] و سەری تۆزاوییەوە. ٢ ئەوانەی لە ڕەچەڵەکی
ئیسرائیل بوون لە هەموو ڕەچەڵەکە بێگانەکان جیا
بوونەوە و ڕاوەستان و دانیان بە گوناهەکانی خۆیان
و تاوانەکانی باوباپیرانیان نا. ٣ لە شوێنەکانی خۆیاندا
ڕاوەستان و چارەکە ڕۆژێك لە پەڕتووکی تەوراتی
یەزدانی پەروەردگاریان خوێندەوە، چارەکە ڕۆژێکیش
دانیان بە گوناهەکانیان دەنا و کڕنۆشیان بۆ یەزدانی
پەروەردگاریان دەبرد. ٤ لەسەر پێپلیکانەکە، لە
لێڤییەکان، یێشوع، بانی، قەدمیێل، شەڤەنیا، بوننی،
شێرێڤیا، بانی و کەنانی ڕاوەستان و بە دەنگێکی
گەورە هاواریان بۆ یەزدانی پەروەردگاریان کرد.
٥ لە لێڤییەکان، یێشوع، قەدمیێل، بانی، حەشەڤنەیا،
شێرێڤیا، هۆدیا، شەڤەنیا و پەتەحیا، گوتیان:
«هەستن و ستایشی یەزدانی پەروەردگارتان بکەن
کە لە ئەزەلەوەیە و هەتاهەتایە.»

با ناوی شکۆدارت بەرەکەتدار بێت، بەرزە
بەسەر هەموو بەرەکەت و ستایشێکەوە.
٦ تۆ خۆت بە تەنها یەزدانیت. تۆ ئاسمانت
دروستکرد، ئاسمانی ئاسمانەکان و هەموو
هێزەکانیان، زەوی و هەموو ئەوەی
لەسەریەتی، دەریاکان و هەموو ئەوەی کە
تێیاندایە. تۆ ژیان بە هەموویان دەدەیت و
هێزەکانی ئاسمان کڕنۆشت بۆ دەبەن.
٧ «تۆ یەزدانی پەروەردگاریت، کە ئەبرامت
هەڵبژارد و لە ئووری کلدانییەکانەوە دەرتهێنا

[a] ١٤ جەژن: مەبەستی لە جەژنی کەپرەشینەیە. بڕوانە لێڤییەکان ٢٣:٣٣-٣٦.

[b] ١٥ مۆرد: دارێکە گەڵاکانی بریقەدارە و سەوزێکی تۆخە، گوڵی سپی دەگرێت و بۆنی خۆشە، لە بێتلەحم و حەبرۆن هەیە. ئێستا لە ڕۆژهەڵات پێی دەگوترێت ئاس.

[c] ١ وەك هێمای تۆبەکردن جلوبەرگیان لە گوش دروستکردووە و لەبەریان کردووە.

و ناوت نا ئیبراهیم. ٨ بینیت لەبەردەمی
تۆ دڵسۆزە، پەیمانت لەگەڵی بەست، کە
خاکی کەنعانی و حیتی و ئەموری و پریزی
و یەبوسی و گرگاشییەکانی بدەیتێ، بیدەیتە
نەوەکەی، ئینجا بەڵێنەکەی خۆتت هێنایە دی،
چونکە تۆ ڕاستودروستیت.

٩ «تۆ زەلیلی باوباپیرانی ئێمەت لە میسر
بینی و گوێت لە هاواریان بوو لەلای دەریای
سوور[a] . ١٠ نیشانە و پەرجووت[b] لە دژی
فیرعەون و هەموو کاربەدەستەکانی و گەلی
خاکەکەی کرد، چونکە زانیت ئەوان زۆریان
لێکردن. جا ناوێکت بۆ خۆت دروستکرد
وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. ١١ دەریاکەت
لەبەردەمیاندا شەق کرد تاوەکو بەناو دەریاکە
بەسەر وشکانیدا بپەڕینەوە، ڕاونەرانی
ئەوانیشت فڕێدایە ناو قووڵاییەوە، وەك
بەردێك لەناو ئاوە بەهێزەکان. ١٢ بە ڕۆژ بە
ستوونی هەور ڕێت نیشان دان، بە شەویش بە
ستوونی ئاگر، هەتا ئەو ڕێگایەیان بۆ ڕووناك
بکەیتەوە کە پێیدا دەڕۆن.

١٣ «لەسەر شاخی سینا دابەزیت و لە
ئاسمانەوە لەگەڵیاندا دوایت. حوکمە ڕێك و
فێرکردنە ڕاست و فەرز و فەرمانە باشەکانت
دانێ. ١٤ ڕۆژی شەممەی خۆتت پێ ناساندن،
لەسەر دەستی موسای خزمەتکارت فەرمان و
فەرز و فێرکردنەکانت دانێ. ١٥ لە برسێتییاندا
لە ئاسمانەوە نانت دانێ، لە تینوێتیشیاندا
لە تاشەبەردەوە ئاوت بۆ دەرهێنان و پێت
فەرموون: ”وەرنە ژوورەوە بۆ داگیرکردنی ئەم
خاکە،“ ئەوەی سوێندت خوارد کە بیاندەیتێ.

١٦ «بەڵام ئەوان و باوباپیرانمان
لەخۆبایی و کەللەڕەق بوون و گوێیان
لە فەرمانەکانت نەگرت. ١٧ گوێگرتنیان
ڕەتکردەوە و پەرجووەکانی تۆیان لە یاد
کرد کە لەگەڵیاندا کردت، کەللەیان ڕەقکرد
و لە یاخیبوونەکەیان سەرۆکیان دانا هەتا
بگەڕێنەوە سەر کۆیلایەتییەکەیان. بەڵام تۆ
خودایەکی لێبوردەی میهرەبان و بە بەزەییت،
پشوودرێژیت، خۆشەویستی نەگۆڕت زۆرە. تۆ
وازت لێ نەهێنان، ١٨ لەگەڵ ئەوەی پەیکەرێکی
لەقاڵبدراوی گوێرەکەیان دروستکرد و گوتیان:
”ئەمە خوداوەندەکەمانە[c]، ئەوەی لە میسرەوە
دەریهێناین!“ کاتێك سووکایەتییەکی گەورەیان
کرد.

١٩ «بەڵام تۆ بە بەزەییە زۆرەکەت لە
چۆڵەوانی وازت لێ نەهێنان، بە ڕۆژ ستوونە
هەورەکە و بە شەویش ستوونە ئاگرەکە
لەسەریان لا نەچوو بۆ ئەوەی ڕێگایان
پیشان بدات، هەتا ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن
ڕووناکی بکاتەوە. ٢٠ ڕۆحە چاکەکەی خۆشت
پێدان بۆ فێرکردنیان و مەنی خۆتت لە دەمیان
نەگرتەوە و ئاوت پێدان بۆ تینوێتییان. ٢١ چل
ساڵ لە چۆڵەوانی بەخێوت کردن و لە هیچیان
کەم نەبوو، جلەکانیان دانەڕزا و پێیەکانیان
نەئاوسا.

٢٢ «پاشایەتی و گەلانت پێدان بەسەر
هەرێمەکاندا دابەشت کردن، خاکی سیحۆنی
پاشای حەشبۆن، هەروەها خاکی عۆگی پاشای
باشانیان داگیر کرد. ٢٣ کوڕەکانی ئەوانت وەك
ئەستێرەکانی ئاسمان زۆر کرد و ئەوانت هێنا
ئەو خاکەی کە بە باوباپیرانیانت فەرموو:
”وەرنە ناوییەوە داگیری بکەن.“ ٢٤ ئینجا کوڕان
هاتن و دەستیان بەسەر خاکەکەدا گرت،
تۆش کەنعانییەکانی دانیشتووانی خاکەکەت
لەبەردەمیاندا زەلیل کرد، پاشاکانی و
گەلەکانیت دایە دەست ئەوان، هەتا ئەوەیان

[a] ٩ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ١١:٢٩.

[b] ١٠ پەرجوو: موعجیزە.

[c] ١٨ بڕوانە دەرچوون ٣٢:٤.

پێ بکەن کە پێیان باشە. ٢٥چەند شارێکی قەڵابەند و زەوی بەپیتیان گرت، ماڵیان داگیر کرد کە پڕ بوو لە هەموو جۆرە شتێکی باش، بیرە هەڵکەنراوەکان و ڕەزەمێو و ڕەزی زەیتوون و داری بەرداری زۆر. ئینجا هەتا تێر و قەڵەو بوون خواردیان و چێژیان لە چاکەی زۆری تۆ وەرگرت.

٢٦«بەڵام یاخی بوون و لێت هەڵگەڕانەوە و فێرکردنەکانی تۆیان فڕێدایە پشتیانەوە. پێغەمبەرەکانی تۆیان کوشت، ئەوانەی ئاگاداریان کردنەوە هەتا بیانگەڕێننەوە لای تۆ، سووکایەتییەکی گەورەیان ئەنجام دا. ٢٧ئیتر ئەوانت دایە دەست دوژمنەکانیان، ئەوانیش ستەمیان لێکردن. کاتێك لە تەنگانەدا بوون هاواریان بۆ کردیت، تۆش لە ئاسمانەوە گوێت لێ بوو، جا بەپێی بەزەییە زۆرەکەت چەند ڕزگارکەرێکت پێدان، کە لە دەست دوژمنانیان ڕزگاریان کردن.

٢٨«کاتێك حەسانەوە، گەڕانەوە بۆ ئەنجامدان خراپە لەبەردەمی تۆ، تۆش لەناو دەستی دوژمنەکانیان وازت لێ هێنان هەتا بەسەریاندا زاڵ بن، جا گەڕانەوە و هاواریان بۆت کرد، تۆش لە ئاسمانەوە گوێت لێ بوو، زۆر جار بەپێی بەزەییەکەت فریایان کەوتیت.

٢٩«ئاگادارت کردنەوە هەتا بیانگەڕێنیتەوە سەر فێرکردنەکانت. بەڵام ئەوان لەخۆبایی بوون و گوێیان لە فەرمانەکانت نەگرت و لە دژی حوکمەکانت گوناهیان کرد، ئەوانەی مرۆڤ کاریان پێ بکات پێیان دەژییێت. ئەوان کەللەڕەقانە پشتیان تێ کردیت و ملیان ڕەقکرد و گوێیان نەگرت. ٣٠لەگەڵیان ئارام بوویت و ساڵانێکی زۆر بە ڕۆحی خۆت و لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانتەوە ئاگادارت کردنەوە، بەڵام گوێیان نەگرت، تۆش ئەوانت دایە دەستی گەلانی دراوسێ. ٣١بەڵام لەبەر بەزەییە زۆرەکەت کۆتاییت پێ نەهێنان، وازت لێ نەهێنان، چونکە تۆ خودایەکی میهرەبان و بە بەزەییت.

٣٢«ئێستاش ئەی خودای ئێمە، خودای گەورە، ئەی پاڵەوان و ئەی سامناك، ئەی ئەوەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەبەیتەسەر، با بەلاتەوە کەم نەبێت هەموو ئەو ناخۆشییانەی کە تووشمان بووە، تووشی پاشا و ڕابەرەکانمان بووە، تووشی کاهین و پێغەمبەرەکانمان بووە، تووشی باوباپیرانمان و هەموو گەلەکەت بووە، لە ماوەی پاشایەتی پاشاکانی ئاشورەوە هەتا ئەمڕۆ. ٣٣لە هەموو ئەوەی بەسەرمان هاتووە تۆ ڕاستودروستیت، چونکە تۆ دڵسۆزیت ئەنجام دا، ئێمەش خراپە. ٣٤پاشا و سەرکردە و کاهین و باوباپیرانمان کاریان بە فێرکردنەکەت نەکرد و گوێیان نەدایە فەرمان و ئاگادارکردنەوە توندەکانت کە پێت دان. ٣٥تەنانەت لە پاشایەتییەکەی خۆیان و لەو چاکە زۆرەی تۆ کە داتە ئەوان لەو خاکە فراوان و بەپیتەی کە خستتە بەردەمیان، خزمەتی تۆیان نەکرد و لە کردەوە خراپەکانیان نەگەڕانەوە.

٣٦«ئەمڕۆ ئێمە کۆیلەین ئەو خاکەش کە داوتە بە باوباپیرانی ئێمە هەتا لە بەروبووم و خێروبێرەکەی بخۆن، ئەوەتا ئێمە کۆیلەین لەسەری. ٣٧لەبەر گوناهەکانمان بەروبوومە زۆرەکەشی بۆ ئەو پاشایانەیە کە لەسەر ئێمەت داناوە، کە بەسەر خۆمان و ئاژەڵەکانماندا زاڵن، بەپێی ئارەزووی خۆیان. ئیتر ئێمە لە تەنگانەیەکی گەورەداین.

## پەیمانی خەڵك

٣٨«لەبەر هەموو ئەمانە، ئێمە پەیمانێك دەبەستین و دەینووسینەوە، ڕابەر و لێڤی و کاهینەکانیشمان مۆری دەکەن.»

١٠ ئەوانەی مۆریان کرد:

نەحەمیای پارێزگار کوڕی حەخەلیا؛

سدقیا، ٢ سەرایا، عەزەریا، یەرمیا،
٣ پەشحور، ئەمەریا، مەلکیا،
٤ حەتوش، شەڤەنیا، مەلوخ،
٥ حاریم، مەرێمۆت، عۆبەدیا،
٦ دانیال، گینەتۆن، باروخ،
٧ مەشولام، ئەبیا، میامین،
٨ مەعەزیاهو، بیلگەی و شەمەعیا.
ئەمانە کاهینەکان بوون.

٩ لێڤییەکانیش:

یێشوعی کوڕی ئەزەنیا، بەنوی لە نەوەی حێناداد
و قەدمیێل و
١٠ هاوکارەکانیان: شەڤەنیا،
هۆدیا، قەلیتا، پەلایا، حانان،
١١ میکا، ڕەحۆڤ، حەشەڤیا،
١٢ زەکور، شێرێڤیا، شەڤەنیا،
١٣ هۆدیا، بانی و بەنینو.

١٤ ڕابەرەکانی گەل:

پەرعۆش، پەحەتمۆئاب، ئیلام، زەتوا، بانی،
١٥ بوننی، عەزگاد، بێڤەی،
١٦ ئەدۆنیا، بیگڤەی، عادین،
١٧ ئاتێر، حەزقیا، عەزور،
١٨ هۆدیا، حاشوم، بێسای،
١٩ حاریف، عەناتۆت، نێڤای،
٢٠ مەگپیعاش، مەشولام، حێزیر،
٢١ مەشێزەبێل، سادۆق، یەدوەع،
٢٢ پەلەتیا، حانان، عەنایا،
٢٣ هۆشێیەع، حەنەنیا، حەشوڤ،
٢٤ هەلۆحێش، پیلحا، شۆڤێق،
٢٥ ڕەحوم، حەشەڤنا، مەعسێیاهو،
٢٦ ئەخیا، حانان، عانان،
٢٧ مەلوخ، حاریم و بەعەنا.

٢٨ «پاشماوەی گەلیش لە کاهین و لێڤی و
دەرگاوان و گۆرانیبێژ و کۆیلە تەرخانکراوەکان،
هەموو ئەوانەی لە پێناوی تەوراتی خودا
خۆیان لە گەلاوییەکانی گەلانی دراوسێ جیا
کردووەتەوە، ژن و کوڕ و کچەکانیان، هەموو
ئەوانەی زانین و تێگەیشتنیان هەیە، ٢٩ ئەمانە
ئێستا دەچنە پاڵ براکانیان، پیاوماقوڵەکانیان،
دێنە ناو نەفرەت و سوێندخواردنێك کە
بەپێی تەوراتی خودایان بڕۆن، ئەوەی بە
دەستی موسای بەندەی خودا پێیداون، هەموو
فەرمانەکانی یەزدانی پەروەردگارمان و حوکم
و فەرزەکانی بەجێبهێنن و پەیڕەوی دەکەن.
٣٠ «هەروەها کچمان نادەینە گەلانی
خاکەکە و کچیشیان لێ ناهێنین بۆ کوڕمان.
٣١ «کاتێك گەلانی دراوسێ کەلوپەل و هەر
خۆراکێك لە ڕۆژی شەممەدا بهێنن بۆ فرۆشتن،
لێیان ناکڕین، نە لە ڕۆژی شەممەدا و نە لە
ڕۆژی پیرۆز. هەروەها لە ساڵی حەوتەم واز لە
داواکردنەوەی هەموو قەرزێك دەهێنین.
٣٢ «لەسەر خۆمانی دەسەپێنین کە ساڵانە
سێ یەکی شاقلێك بخەینە ئەستۆی خۆمان
بۆ خزمەتی ماڵی خودامان: ٣٣ بۆ نانی
تەرخانکراو؛ بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵەی
بەردەوام و قوربانی سووتاندنی بەردەوام؛ بۆ
پێشکەشکراوەکانی شەممە و سەرەمانگ و
جەژنەکان؛ بۆ پێشکەشکراوە پیرۆزەکان؛ بۆ
قوربانییەکانی گوناه بۆ کەفارەتی ئیسرائیل و
بۆ هەموو خزمەتەکانی ماڵی خودامان.
٣٤ «هەروەها تیروپشکمان کرد لەنێوان
کاهین و لێڤی و گەل، بەپێی بنەماڵەکانمان، بۆ
هێنانی دارەکان بۆ قوربانی لە ماڵی خودامان،
لە کاتی دیاریکراو ساڵ بە ساڵ، بۆ سووتاندنی
لەسەر قوربانگای یەزدانی پەروەردگارمان،
هەروەك لە تەوراتدا نووسراوە.
٣٥ «هەروەها بۆ هێنانی یەکەمین بەرهەمی
خاکەکەمان و یەکەم بەری هەموو بەروبوومی
هەموو دارێك ساڵ بە ساڵ بۆ ماڵی یەزدان.
٣٦ «لەگەڵ نۆبەرەی کوڕ و ئاژەڵەکانمان،

هەروەك لە تەوراتدا نووسراوە، لەگەڵ نۆبەرەی مانگا و مەڕەکانمان هەتا بیانهێنین بۆ ماڵی خوداکەمان بۆ ئەو کاهینانەی کە لە ماڵی خوداکەمان خزمەت دەکەن.

[37]«هەروەها یەکەمین هەویر و پێشکەشکراوی دانەوێڵەمان و بەروبوومی هەموو دارێك و شەراب و زەیت بۆ کاهینەکان دەهێنن بۆ ناو ژوورەکانی ماڵی خودامان. دەیەکی خاکەکەمان بۆ لێڤییەکان دەبێت. لێڤییەکان لە کشتوکاڵی هەموو شارۆچکەکانمان دەیەك دەبەن. [38]کاهینێکی نەوەی هارون لەگەڵ لێڤییەکاندا دەبێت کاتێك لێڤییەکان دەیەك وەردەگرن، لێڤییەکانیش دەیەك لە دەیەکی وەرگیراو دەدەنە گەنجینەی ماڵی خودامان. [39]نەوەی ئیسرائیل و نەوەی لێڤی، دیاری دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیت دەهێننە ژوورەکان، قاپوقاچاغەکانی پیرۆزگا و کاهینە خزمەتکار و دەرگاوان و گۆرانیبێژەکانیش لەوێن.

«واز لە ماڵی خودای خۆمان ناهێنین.»

## دانیشتووانی نوێی ئۆرشەلیم

11 ڕابەرەکانی گەل لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون و پاشماوەی گەلیش تیروپشکیان کرد هەتا یەك لە دەیان بێن بۆ نیشتەجێبوون لە ئۆرشەلیم، شاری پیرۆز، نۆ بەشەکەش لە شارۆچکەکانی خۆیان مانەوە. [2]گەل داوای بەرەکەتیان کرد بۆ هەموو ئەوانەی کە خۆبەخش بوون بۆ نیشتەجێبوون لە ئۆرشەلیم.

[3]کاهین و لێڤی و کۆیلە تەرخانکراوەکان و نەوەی خزمەتکارەکانی سلێمان لە شارۆچکەکانی یەهودا نیشتەجێ بوون، هەریەکە و لە موڵکەکەی خۆی لەناو شارۆچکەکانیان لە ئیسرائیل. ڕابەرانی هەرێمەکەش لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون، [4]ئەوانەی لە نەوەی یەهودا و بنیامین لەناو ئۆرشەلیم نیشتەجێ بوون.

لە نەوەی یەهودا:

عەتایا کوڕی عوزیا کوڕی زەکەریا کوڕی ئەمەریا کوڕی شەفەتیا کوڕی مەهلەلئێل لە نەوەی پێرێز، [5]لەگەڵ مەعسێیاهوی کوڕی باروخیش کوڕی کۆلحوزێ کوڕی حەزایا کوڕی عەدایا کوڕی یۆیاریڤ کوڕی زەکەریای خەڵکی شالەح. [6]هەموو نەوەی پێرێز کە لە ئۆرشەلیم دانیشتبوون، چوار سەد و شەست و هەشت پیاوی توانادار بوون.

[7]ئەمانەش نەوەی بنیامینن:

سەلو کوڕی مەشولام کوڕی یۆعێد کوڕی پەدایا کوڕی قۆلایای کوڕی مەعسێیاهوی کوڕی ئیتیێلی کوڕی یەشەعیا، [8]لەگەڵ گەبەی و سەلەی کە شوێنکەوتووەکانی بوون، نۆ سەد و بیست و هەشت کەس بوون. [9]یۆئێلی کوڕی زکری سەرپەرشتیاریان بوو، یەهودای کوڕی هەسەنوئاش سەرپەرشتیاری بەشی دووەمی شارەکەوە بوو.

[10]لە کاهینەکان:

یەدایای کوڕی یۆیاریڤ؛ یاکین؛ [11]سەرایای کوڕی حیلقیا کوڕی مەشولام کوڕی سادۆق کوڕی مەرایۆت کوڕی ئەحیتوڤی سەرکردەی ماڵی خودا و [12]هاوکارەکانیشیان ئەوانەی کاری پەرستگاکەیان دەکرد، هەشت سەد و بیست و دوو بوون؛ لەگەڵ عەدایای کوڕی یەرۆحام کوڕی پەلەلیا کوڕی ئەمچی کوڕی زەکەریا کوڕی پەشحور کوڕی مەلکیا و [13]هاوکارەکانیشی گەورەی بنەماڵەکان بوون، دوو سەد و چل و دوو بوون؛ لەگەڵ عەمشسەی کوڕی عەزەرئێل کوڕی ئەحزەی کوڕی مەشیلێمۆت کوڕی ئیمێر و [14]هاوکارەکانیشیان پاڵەوانە بەجەرگەکان بوون، سەد و بیست و هەشت بوون. زەبدیێلی کوڕی گیدۆلیم سەرپەرشتیاریان بوو.

[15]لە لێڤییەکانیش:

شەمەعیای کوڕی حەشوڤ کوڕی عەزریقام کوڕی حەشەڤیای کوڕی بونی؛ [16]شەبەتەی و یۆزاڤاد لە ڕابەرەکانی لێڤییەکان بوون، سەرپەرشتیاری کارەکەی دەرەوەی ماڵی خودا بوون؛ [17]هەروەها مەتەنیای سەرپەرشتیار، کە کوڕی میکا کوڕی زەبدی کوڕی ئاساف

بوو، لە کاتی نوێژدا سەرپەرشتی سوپاسگوزاری دەکرد؛
بەقبوقیا کە دووەم بوو لەنێو هاوکارەکانی؛ عەڤدای
کوڕی شەموع کوڕی گالال کوڕی یەدوتون. ١٨هەموو
لێڤییەکان لەناو شاری پیرۆز دوو سەد و هەشتا و چوار
کەس بوون.

١٩دەرگاوانەکان:
عەقوڤ و تەلمۆن و هاوکارەکانیان، ئەوانەی کە لە
دەروازەکان ئێشکیان دەگرت، سەد و حەفتا و دوو بوون.

٢٠پاشماوەی ئیسرائیلیش لە کاهین و لێڤییەکان
لە هەموو شارۆچکەکانی یەهودا بوون، هەریەکە لە
میراتەکەی خۆی.
٢١بەڵام کۆیلە تەرخانکراوەکان لە گردی
عۆفەل نیشتەجێ بوون، چیحا و گیشپا و گێشپا
سەرپەرشتیاریان بوون.
٢٢سەرپەرشتیاری لێڤییەکانیش لە ئۆرشەلیم عوزی
کوڕی بانی کوڕی حەشەڤیا کوڕی مەتەنیا کوڕی میکا
بوو. عوزی لە نەوەی ئاساف بوو، ئەو گۆرانیبێژانەی
کە بەرپرسیار بوون لە خزمەتی ماڵی خودا. ٢٣پاشا
فەرمانی لەسەر گۆرانیبێژەکان دەکرد، فەرمانەکانی
یاسا بوون دەربارەی ئەرکی ڕۆژانەیان.
٢٤هەروەها پەتەحیای کوڕی مەشێزەبێل کە لە
نەوەی زەرەحی کوڕی یەهودا بوو، بریکاری پاشا بوو
بۆ هەموو کاروبارەکانی گەل.
٢٥هەندێك لە نەوەی یەهودا لە کێڵگەکانی
دەوروبەری گوندەکان نیشتەجێ بوون: لە قیریەت
ئەربەع و دەوروبەری؛ لە دیڤۆن و دەوروبەری؛
لە یەقەڤچیئێل و دەوروبەری؛ ٢٦لە یێشوع و
مۆلادا و بێتپەلەت؛ ٢٧لە حەچەر شوعال و بیری
شابەع و دەوروبەری؛ ٢٨لە چیقلەگ و لە مەکۆنا و
دەوروبەری؛ ٢٩لە کانی ڕیمۆن و چۆرعا و یەرموت؛
٣٠لە زانۆوەح و عەدولام و گوندەکانیان؛ لە لاخیش و
کێڵگەکانی؛ و لە عەزێقا و دەوروبەری. ئیتر لە بیری
شابەعەوە هەتا دۆڵی هینۆم نیشتەجێ بوون.
٣١بنیامینەکانی خەڵکی گەڤەع لەم گوندانە
نیشتەجێ بوون: لە میخماس، عەییا، بێتئێل و
دەوروبەری؛ ٣٢لە عەناتۆت، نۆڤ و عەنانیا؛ ٣٣لە
حاچۆر، ڕامە و گیتەیم؛ ٣٤لە حادید، چەڤۆعیم
و نەڤەلات؛ ٣٥لە لۆد و ئۆنۆ، هەروەها لە دۆڵی
پیشەوەرەکان.
٣٦هەندێك بەشی لێڤییەکانی یەهودا لە خاکی
بنیامین نیشتەجێ بوون.

## کاهین و لێڤییەکان

١٢ ئەمانەش ئەو کاهین و لێڤییانەن کە لەگەڵ
زروبابلی کوڕی شەئەلتیێل و یەشوع
سەرکەوتن:
سەرایا، یەرمیا، عەزرا،
٢ئەمەریا، مەلوخ، حەتوش،
٣شەخەنەیا، ڕەحوم، مەریمۆت،
٤عیدۆ، گینەتۆن، ئەبیا،
٥میامین، مۆعەدیا، بیلگا،
٦شەمەعیا، یۆیاریڤ، یەدایا،
٧سەلو، عامۆق، حیلقیا، یەدایا.
ئەمانە کاهینەکانی باڵا و هاوکارەکانیان بوون لە
سەردەمی یەشوع.
٨لێڤییەکانیش: یێشوع، بەنوی، قەدمیێل،
شێرێڤیا، یەهودا، مەتەنیا کە سەرپەرشتی گۆرانی
سوپاسگوزاری دەکرد، خۆی و یاریدەدەرەکانی.
٩هەروەها بەقبوقیا و عونی و هاوکارەکانیان، کە لە
کاتی خزمەت بەرامبەریان ڕادەوەستان.
١٠یەشوع یۆیاقیمی بوو، یۆیاقیمیش ئەلیاشیڤی
بوو، ئەلیاشیڤیش یۆیاداعی بوو، ١١یۆیاداعیش
یۆناتانی بوو، یۆناتانیش یەدوەعی بوو.
١٢لە سەردەمی یۆیاقیم گەورەی بنەماڵەکان ئەم
کاهینانە بوون:
مەرایا گەورەی بنەماڵەی سەرایا بوو،
حەنەنیا گەورەی بنەماڵەی یەرمیا بوو،
١٣مەشولام گەورەی بنەماڵەی عەزرا بوو،
یەهۆحانان گەورەی بنەماڵەی ئەمەریا بوو،
١٤یۆناتان گەورەی بنەماڵەی مەلوخ بوو،
یوسف گەورەی بنەماڵەی شەخەنەیا بوو،

[١٥] عەدنا گەورەی بنەماڵەی حاریم بوو،
حەلقای گەورەی بنەماڵەی مەرێمۆت بوو،
[١٦] زەکەریا گەورەی بنەماڵەی عیدۆ بوو،
مەشولام گەورەی بنەماڵەی گینەتۆن بوو،
[١٧] زکری گەورەی بنەماڵەی ئەبیا بوو،
پیلتای گەورەی بنەماڵەی مینیامین و مۆعەدیا بوو،
[١٨] شەموع گەورەی بنەماڵەی بیلگا بوو،
یەهۆناتان گەورەی بنەماڵەی شەمەعیا بوو،
[١٩] مەتەنەی گەورەی بنەماڵەی یۆیاریڤ بوو،
عوزی گەورەی بنەماڵەی یەدایا بوو،
[٢٠] قەلای گەورەی بنەماڵەی سەلوی بوو،
عێبەر گەورەی بنەماڵەی عامۆق بوو،
[٢١] حەشەڤیا گەورەی بنەماڵەی حیلقیا بوو،
نەتەنێل گەورەی بنەماڵەی یەدایا بوو.

[٢٢] ئەوانەی کە لە سەردەمی ئەلیاشیڤ و یۆیاداع و یۆحانان و یەدوەع، گەورەی بنەماڵەکانی لێڤی و کاهینەکان بوون، لە پاشایەتییەکەی داریوشی پاشای فارس تۆمار کران. [٢٣] ئەوانەش کە هەتا سەردەمی یۆحانانی کوڕی ئەلیاشیڤی گەورەی بنەماڵەکانی نەوەی لێڤی بوون، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانە تۆمار کران. [٢٤] هەروەها ڕابەری لێڤییەکان ئەمانە بوون: حەشەڤیا، شێرێڤیا و یێشوعی کوڕی قەدمیێل لەگەڵ هاوکارەکانیان، ئەوانەی کە لە بەرامبەریان ڕادەوەستان بۆ ستایشکردن و سوپاسگوزاری، نۆبەت بە نۆبەت، بەپێی فەرمانی داودی پیاوی خودا.

[٢٥] مەتەنیا، بەقبوقیا، عۆبەدیا، مەشولام، تەلمۆن و عەقوڤ دەرگاوان بوون، پاسەوانی کۆگاکانی دەروازەکانیان دەکرد. [٢٦] ئەمانە لە سەردەمی یۆیاقیمی کوڕی یەشوعی کوڕی یۆچاداق خزمەتیان دەکرد، هەروەها لە سەردەمی نەحەمیای پارێزگار و عەزرای کاهین، کە مامۆستای تەورات بوو.

## تەرخانکردنی شوورای ئۆرشەلیم

[٢٧] لە کاتی تەرخانکردنی شوورای ئۆرشەلیم، داوای لێڤییەکانیان کرد لە هەموو شوێنەکانیانەوە بێنە ئۆرشەلیم بۆ گێڕانی ئاهەنگی تەرخانکردن بە خۆشی و گۆرانی سوپاسگوزاری، گۆرانی بە سەنج و قیسارە و سازەوە. [٢٨] هەروەها گۆرانیبێژەکان کۆکرانەوە، لە ناوچەکانی دەوروبەری ئۆرشەلیم، لە گوندەکانی نەتۆفاتییەکان، [٢٩] لە بێت‌گلگال و کێڵگەکانی گەڤەع و عەزماڤەتەوە، چونکە گۆرانیبێژەکان لە چواردەوری ئۆرشەلیم گوندیان بنیاد نابوون. [٣٠] کاهین و لێڤییەکان بەپێی ڕێوڕەسم خۆیان پاککردەوە، ئینجا گەل و دەروازەکان و شووراکەشیان پاککردەوە.

[٣١] ڕابەرەکانی یەهودام سەرخستە سەر شووراکە و دوو تیپی گەورەی سوپاسگوزارانم ڕاگرت، یەکێکیان بەرەو دەروازەی زبڵ بەلای ڕاستدا ڕۆیشت، [٣٢] هۆشەعیا و نیوەی ڕابەرەکانی یەهودا بەدوایدا ڕۆیشتن، [٣٣] لەگەڵ عەزەریا، عەزرا، مەشولام، [٣٤] یەهودا، بنیامین، شەمەعیا و یەرمیا. [٣٥] لە نەوەی کاهینەکانیش بە کەڕەناوە، زەکەریای کوڕی یۆناتان کوڕی شەمەعیا کوڕی مەتەنیا کوڕی میخایو کوڕی زەکور کوڕی ئاساف. [٣٦] یاریدەرەکانیشیان، ئەوانەی کە بۆ ستایشکردن بوون، شەمەعیا، عەزەرئێل، میلەلەی، گیلەلەی، ماعەی، نەتەنێل و یەهودا و حەنانی، بە ئامێرە مۆسیقییەکانی داودی پیاوی خوداوە، عەزرای مامۆستای تەوراتیش لەپێشیانەوە بوو. [٣٧] لەلای دەروازەی کارێز ڕاستەوخۆ لە پێپلیکانەکانی شاری داود بە هەورازەکەی شووراکە سەرکەوتن، لەولاوەی کۆشکی داودیش تێپەڕین هەتا دەروازەی ئاو ڕووەو ڕۆژهەڵات.

[٣٨] تیپی دووەمی سوپاسگوزارانیش بۆ بەرامبەریان ڕۆیشتن، منیش لە دوایانەوە بووم، نیوەی گەلیش لەسەر شووراکە بوون، لەلای قوللەی تەنوورەکانەوە هەتا شوورا پانەکە، [٣٩] لەسەر دەروازەی ئەفرایم، دەروازەی یەشانا، دەروازەی ماسی، قوللەی حەنەنێل و قوللەی سەد، هەتا دەروازەی مەڕ. لەلای دەروازەی زیندان ڕاوەستان.

[٤٠] پاشان هەردوو تیپە سوپاسگوزارەکە لەلای ماڵی خودا ڕاوەستان، هەروەها من و نیوەی کاربەدەستەکانیش لەگەڵم بوون، [٤١] هەروەها

کاهینەکانیش، ئەلیاقیم، مەعسێیاهو، مینیامین،
میخایو، ئەلیۆعێنەی، زەکەریا، حەنەنیا، بە کەڕەناوە،
٤٢هەروەها مەعسێیاهو و شەمەعیا و ئەلعازار
و عوزی و یەهۆحانان و مەلکیا و ئیلام و عێزەر،
گۆرانیبێژەکانیش بە سەرپەرشتی یەزرەحیا بە دەنگی
بەرز گۆرانییان دەگوت. ٤٣لەو ڕۆژەدا قوربانی
زۆریان سەربڕی و دڵیان خۆش بوو کە خودا بە
دڵخۆشییەکی گەورە دڵی خۆش کردبوون، هەروەها
ژن و منداڵەکانیش دڵخۆش بوون، دڵخۆشی ئۆرشەلیم
لە دوورەوە دەبیسترا.
٤٤لەو ڕۆژەدا خەڵکانێك وەك سەرپەرشتیاری
ژوورەکانی ئەمبارەکان دانران، بۆ دیاری و یەکەمین
بەرهەم و دەیەکەکان، هەتا بەپێی تەورات لە
کێڵگەی شارۆچکەکانەوە بۆ کاهین و لێڤییەکان
بەشەکانیان تێدا کۆبکەنەوە، چونکە یەهودا
دڵخۆش بوو بە کاهین و لێڤییەکان کە ڕاوەستابوون.
٤٥ئەرکی خزمەتی خودای خۆیان و ئەرکی
پاککردنەوەیان ئەنجام دا، هەروەها گۆرانیبێژەکان و
دەرگاوانەکانیش، بەگوێرەی فەرمانی داود و سلێمانی
کوڕی، ٤٦چونکە لە دێرزەمانەوە، لە سەردەمی داود
و ئاسافەوە، سەرپەرشتیاری گۆرانیبێژان و گۆرانی
ستایش و سوپاسگوزاری خودا هەبوون. ٤٧هەموو
نەوەی ئیسرائیلیش لە ماوەی پاشایەتی زروبابل و
نەحەمیا بەشی گۆرانیبێژ و دەرگاوانەکانیان دەدا،
بەشی هەر ڕۆژە لە ڕۆژی خۆی. هەروەها بەشی
لێڤییەکانی دیکەشیان دەخستە لاوە، لێڤییەکانیش
بەشی نەوەی هارونیان دەخستە لاوە.

## تەواوکردنی چاکسازییەکەی نەحەمیا

١٣ لەو ڕۆژەدا پەڕتووکی موسا بە دەنگی بەرز
لەبەردەم گەلدا خوێنرایەوە و بینرا کە تێیدا
نووسراوە، هیچ عەمۆنی و مۆئابییەك بۆ هەتاهەتایە
نایەتە ناو کۆمەڵی خودا، ٢چونکە بە نان و ئاوەوە
پێشوازییان لە نەوەی ئیسرائیل نەکرد، بەڵکو
بەلعامیان لە دژیان بەکرێ گرت هەتا نەفرەتیان
لێ بکات، بەڵام خودامان نەفرەتەکەی گۆڕی بۆ
بەرەکەت. ٣کاتێك گوێیان لە فێرکردنەکە بوو هەموو
ئەوانەیان جیا کردەوە کە لەگەڵ ئیسرائیل تێکەڵ
بوون.
٤پێش ئەمە، ئەلیاشیڤی کاهین بە سەرپەرشتیاری
ژوورە ئەمبارەکانی ماڵی خودامان دانرابوو.
لە تۆڤیاوە نزیك بوو، ٥ژوورێکی گەورەی بۆ
دابین کردبوو، کە پێشتر ئەم شتانەیان تێیدا
دادەنا: پێشکەشکراوەکانی دانەوێڵە و بخوور و
قاپوقاچاغەکانی پەرستگا، هەروەها دەیەکەکانی
گەنم و شەرابی نوێ و زەیت کە بۆ لێڤی و گۆرانیبێژ
و دەرگاوانەکان فەرمانی پێ کرابوون، لەگەڵ پیتاکە
پیرۆزەکان بۆ کاهین.
٦بەڵام بە درێژایی هەموو ئەمانە من لە
ئۆرشەلیم نەبووم، چونکە لە سی و دووەمین ساڵی
ئەرتەحشەستەی پاشای بابل گەڕابوومەوە بۆ لای
پاشا، لەدوای ماوەیەك مۆڵەتم لە پاشا خواست و
٧هاتمەوە ئۆرشەلیم، زانیم ئەلیاشیڤ چ خراپەیەی
کردووە بەوەی کە لە حەوشەی ماڵی خودا ژوورێکی
بۆ تۆڤیا دابین کردووە. ٨ئەمە منی زۆر پەست
کرد، لەبەر ئەوە هەموو قاپوقاچاغەکانی ماڵی
تۆڤییام فڕێدایە دەرەوەی ژوورەکە. ٩فەرمانم دا و
ژوورەکەیان پاککردەوە، پاشان قاپوقاچاغەکەی ماڵی
خودا و پێشکەشکراوەکانی دانەوێڵە و بخوورەکەم
گەڕاندەوە ئەوێ.
١٠هەروەها زانیم کە بەشی لێڤییەکان نەدراوە،
لێڤی و ئەو گۆرانیبێژانەی کارەکەیان دەکرد،
هەریەکە و بۆ کێڵگەکەی خۆی هەڵاتووە. ١١لەبەر
ئەوە لەگەڵ کاربەدەستەکان دەمەقاڵێم کرد و گوتم:
«بۆچی ماڵی خودا وازی لێ هێنراوە؟» ئینجا ئەوانم
کۆکردەوە و هەریەکەیانم لە شوێنەکەی خۆی دانا.
١٢هەموو یەهوداش دەیەکی دانەوێڵە و
شەرابی نوێ و زەیتیان هێنا بۆ ژوورە ئەمبارەکان.
١٣خەزنەدارم لەسەر ئەمبارەکان دانا، شەلەمیاهوی
کاهین و سادۆقی سەرقەڵەم و پەدایای لێڤی،
لەبەردەستی ئەوانیش حانانی کوڕی زەکوری مەتەنیا،

چونکە بە دەستپاك دادەنران و کرانە لێپرسراوی دابەشکردنی ئازووقە بەسەر براکانیان.

[١٤]ئەی خودایە، لەبەر ئەمە بە یادی خۆتم بهێنەرەوە و چاکەکانم مەسڕەوە کە بە دڵسۆزی بەرامبەر بە ماڵی خودای خۆم و داواکارییەکانی کردوومە.

[١٥]لەو ڕۆژانەدا خەڵکێکم لە یەهودا بینی لە ڕۆژی شەممە گوشەرەکان دەپەستنەوە، کۆڵە دار دەهێنن، گوێدرێژەکانیان بار دەکەن، هەروەها بە شەراب و ترێ و هەنجیر و هەموو ئەوەی بار دەکرێت، لە ڕۆژی شەممە دێنە ناو ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوە ئاگادارم کردنەوە کە لەو ڕۆژەدا خۆراك نەفرۆشن. [١٦]هەروەها ئەو سوریانەی تێیدا نیشتەجێ بوون لە ڕۆژی شەممە ماسی و هەموو جۆرە کەلوپەلێکیان دەهێنا و لە ئۆرشەلیم بە نەوەی یەهودایان دەفرۆشت. [١٧]جا دەمەقاڵێم لەگەڵ پیاوماقوڵانی یەهودا کرد و گوتم: «ئەم خراپە چییە کە ئێوە دەیکەن و ڕۆژی شەممە گڵاو دەکەن؟ [١٨]ئایا باوباپیرانتان ئەمەیان نەکرد، ئینجا خودامان هەموو ئەم خراپەیەی بەسەر ئێمە و ئەم شارەشدا هێنا؟ ئێوە تووڕەیی لەسەر ئیسرائیل زیاتر دەکەن کە ڕۆژی شەممە گڵاو دەکەن.»

[١٩]کاتێك تاریکی باڵی بەسەر دەروازەکانی ئۆرشەلیمدا کێشا، پێش ڕۆژی شەممە، فەرمانم دا هەتا دوای ڕۆژی شەممە دەروازەکان دابخرێن و نەکرێنەوە. هەندێك لە خزمەتکارەکانی خۆمم لەسەر دەروازەکان دانا، هەتا لە ڕۆژی شەممە هیچ بارێك نەیەتە ژوورەوە. [٢٠]جارێك و دووان بازرگان و فرۆشیاری هەموو جۆرە کەلوپەلێك لە دەرەوەی ئۆرشەلیم شەویان بەسەربرد. [٢١]منیش ئاگادارم کردنەوە و گوتم: «بۆچی لەلای شووراکە ماونەتەوە؟ ئەگەر دووبارەی بکەنەوە دەستگیرتان دەکەم.» ئیتر لەو کاتەوە لە ڕۆژی شەممە نەهاتنەوە. [٢٢]هەروەها بە لێڤییەکانم گوت، کە خۆیان پاك بکەنەوە و بێن و پاسەوانی دەروازەکان بکەن بۆ تەرخانکردنی ڕۆژی شەممە.

ئەی خودایە، بەمەش بە یادی خۆتم بهێنەرەوە، بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەشت لەگەڵم میهرەبان بە.

[٢٣]هەروەها لەو ڕۆژانەدا ئەو یەهودییانەم بینی کە ژنی ئەشدۆدی و عەمۆنی و مۆئابییان هێنابوو، [٢٤]نیوەی منداڵەکانیان بە زمانی ئەشدۆدی یان بە زمانی گەلی دیکە قسەیان دەکرد، تێیاندا نەبوو بتوانێت بە زمانی یەهودی قسە بکات. [٢٥]جا لەگەڵیان دەمەقاڵێم کرد و نەفرەتم لێکردن، لە هەندێکیانم دا و پرچیانم ڕنییەوە، بە خودا سوێندم دان و گوتم: «کچتان نەدەنە کوڕیان و کچیان مەهێنن، نە بۆ کوڕتان و نە بۆ خۆتان. [٢٦]ئایا لەبەر ئەمانە نەبوو سلێمانی پاشای ئیسرائیل گوناهی کرد، کاتێك لەناو زۆربەی نەتەوەکان پاشایەکی وەك ئەو نەبوو، لەلای خودای خۆی خۆشەویست بوو، خودا کردییە پاشای هەموو ئیسرائیل؟ تەنانەت ئەویش ژنە بێگانەکان گوناهیان پێکرد. [٢٧]ئیتر ئایا گوێ لە ئێوە بگرین ئەم هەموو خراپە گەورەیە بکەن، بە ناپاکیتان لە دژی خودامان، بەوەی ژنی بێگانە بهێنن؟»

[٢٨]یەکێك لە کوڕەکانی یۆیاداعی کوڕی ئەلیاشیڤی سەرۆك کاهین، زاوای سەنبەلەتی حۆرۆنی بوو، منیش لەلای خۆم دەرمکرد.

[٢٩]ئەی خودایە، بە یادی خۆتیان بهێنەرەوە کە کاهینێتی و پەیمانی کاهینێتی و لێڤییەکانیان گڵاوکرد.

[٣٠]بەو شێوەیە لە هەموو بێگانەیەك پاکم کردنەوە، ئەرکەکانی کاهین و لێڤییەکانم دیاری کرد، هەریەکە و لەسەر کاری خۆی. [٣١]داریشم بۆ قوربانی لە کاتی دیاریکراو و یەکەمین بەرهەمەکان دابین کرد.

ئەی خودایە، بە چاکە بە یادی خۆتم بهێنەرەوە.

# ئەستێر

## کورتە باسێك

**خودا بەڵێنی خۆی بۆ پاراستنی گەلەکەی بەجێدەهێنێ.**

پەڕتووکی ئەستێر ڕووداوێکی گرنگی تێدا باسکراوە، لەدوای دەست بەسەرداگرتنی شانشینی بابل لەلایەن فارسەکانەوە و وێرانکردنی پایتەختەکەی. هۆزێکی جولەکە کە هێشتا لەو خاکە مابوونەوە کە بۆی ڕاپێچ کرابوون لەنێویان کچێك هەبوو کە ئەحەشوێرۆشی پاشا هاوسەرگیری لەگەڵی کرد. هامانی ڕاوێژکاری پیاوخراپ هەوڵی دا جولەکەکان لەناوببات و دەست بەسەر سامانەکانیاندا بگرێت، ئەستێر بە لێهاتووییەوە هاتە ناو بابەتەکە و پیلانەکەی هەڵوەشاندەوە، نەتەوەکەی خۆی لە کارەسات ڕزگار کرد. هامانیش لە سێدارە درا. هەتا ئێستاش جولەکەکان بە بۆنەی ئەو ڕزگاربوونە جەژنی فوریم دەگێڕن.

ڕزگاریی خودا و هێزەکەی تەوەری سەرەکی ئەم پەڕتووکەن، تەنانەت لە خاکی ڕاپێچکراویش خودا کاری لەسەر پارێزگاریکردنی گەلەکەی کرد، هەموو شتێکی بۆ چاکەی ئەوان گۆڕی، ئەوەش کاتێك نزایان بۆ کرد و بەڕۆژوو بوون و هانایان بۆ خودا برد، خوداش بێ هیوای نەکردن و لە چنگی هامان ڕزگاری کردن. شایانی تێبینییە کە خودا کەسانێکی بەکارهێنا بۆ بەجێگەیاندنی ویستی خۆی لەبری ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ کار بکات. پێویستە لەسەرمان هەموو کاتێك ئامادە بین بۆ بەجێهێنانی ویستی خودا بەگوێرەی ئەوەی داوامان لێدەکات.

### لابردنی ڤەشتیی شاژن

١ ئەم ڕووداوانە لە سەردەمی پاشایەتی ئەحەشوێرۆش بوو، ئەو ئەحەشوێرۆشەی کە لە هیندستانەوە هەتا کوش[a] فەرمانڕەوایەتی سەد و بیست و حەوت هەرێمی دەکرد. ٢ لەو کاتەدا ئەحەشوێرۆش لەسەر تەختی پاشایەتییەکەی دادەنیشت کە لە قەڵای شوش بوو. ٣ لە ساڵی سێیەمی پاشایەتییەکەی، خوانێکی سازکرد بۆ هەموو سەرکردە و کاربەدەستەکانی. سەرکردەکانی سوپای فارس و ماد و میر و فەرمانڕەوای هەرێمەکان تێیدا ئامادە بوون.

٤ ماوەی سەد و هەشتا ڕۆژ پاشا دەوڵەمەندی و شکۆی پاشایەتییەکەی و بێ هاوتایی جوانی مەزنایەتییەکەی نیشانی میوانان دا. ٥ پاش تێپەڕینی ئەو ماوەیە، پاشا بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ خوانێکی سازکرد بۆ گەورە و بچووکی گەل، ئەوانەی لە قەڵای شوش دەژیان، لە باخچەی داخراوی کۆشکی پاشا. ٦ گۆڕەپانەکە بە پەردەی سپی و مۆری کەتان ڕازێنرابووەوە، بە گوریسی ئەرخەوانی لەناو بازنەی زیو هەڵواسرابوو، لەسەر کۆڵەکەی مەڕمەڕ. سەکۆیەکان لە زێڕ و زیو دروستکرابوون، زەوییەکە بە بەردی حەلان و مەڕمەڕ و دوڕ و بەردی گرانبەها شۆستەی بۆ دروستکرابوو. ٧ خواردنەوەش بە جامی زێڕینی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرا، شەرابی شاهانەش بەقەد بەخشندەیی پاشا زۆر بوو. ٨ پاشا فەرمانی بە لێپرسراوانی کۆشك کرد کەس گلەیی لە خواردنەوە نەبێت، هەرکەسە بەگوێرەی ویستی خۆی بێت.

٩ هەروەها ڤەشتیی شاژنیش لە کۆشکی شاهانەی ئەحەشوێرۆشی پاشا خوانێکی بۆ ئافرەتان سازکرد.

١٠ لە ڕۆژی حەوتەم کاتێك پاشا بە شەراب مەست بوو، فەرمانی کرد بەو حەوت کاربەدەستەی[b] گوت کە لەبەردەم پاشا خزمەتیان دەکرد، مێهومان و بیزتا و حەرڤۆنا و بیگتا و ئەڤەگتا و زێتەر و کەرکەس، ١١ کە ڤەشتیی شاژن بە تاجی شاهانەکەوە بهێنن بۆ بەردەم پاشا، بۆ ئەوەی جوانییەکەی پیشانی گەل و

---

[a] ١ هەرێمێك بوو لە سەرووی ڕووباری نیل.

[b] ١٠ کاربەدەستێکی تایبەت بووە و خەسێنراوە.

سەرکردەکان بدرێت، چونکە ڕوخساری جوان بوو. [١٢]بەڵام کاتێك کاربەدەستەکان فەرمانەکەی پاشایان پێ ڕاگەیاند، ڤەشتیی شاژن ڕازی نەبوو بێت. لەبەر ئەوە پاشا زۆر ڕقی هەستا و لە تووڕەیی خۆیدا گڕی گرت.

[١٣]نەریتی پاشا وا بوو ڕاوێژ بە شارەزایانی یاسا و دادوەری بکات. ئیتر پاشا پرسی بەو دانایانە کرد کە شارەزای ڕۆژگارن، [١٤]ئەوانەی لێی نزیك بوون ئەمانە بوون: کەرشەنا، شیتار، ئەدماتا، تەرشیش، مەرەس، مەرسەنا، مەمۆخان، کە حەوت سەرکردەی فارس و مادی بوون و هەمیشە چاویان بە پاشا دەکەوت، بەرزترین پلە و پایەیان هەبوو لە پاشایەتییەکەدا.

[١٥]پاشا پرسیاری کرد: «بەپێی یاسا چی لە شاژنە ڤەشتی بکرێت؟ لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی ئەو فەرمانەی ئەحەشوێرۆشی پاشای نەبوو کە کاربەدەستەکان پێیان ڕاگەیاند.»

[١٦]مەمۆخان لەبەردەم پاشا و سەرکردەکان گوتی: «شاژنە ڤەشتی بە تەنها هەڵەی دەرهەق بە پاشا نەکردووە، بەڵکو دەرهەق بە هەموو سەرکردەکان و هەموو ئەو گەلانەی کە لە هەرێمەکانی ئەحەشوێرۆش پاشادان، [١٧]چونکە هەواڵی شاژن بە هەموو ژنەکان دەگاتەوە و بەو شێوەیە بێزیان لە مێردەکانیان دەبێتەوە، دەگوترێت: ”ئەحەشوێرۆشی پاشا فەرمانی دا شاژنە ڤەشتی بهێننە بەردەمی، کەچی ئەو نەهاتووە.“ [١٨]هەروەها هەر لەو ڕۆژەدا خانمەکانی فارس و مادی ئەوانەی هەواڵی شاژنیان پێ گەیشتووەتەوە هەمان شت بە هەموو سەرکردەکانی پاشا دەڵێن، بەمەش بێزلێبوونەوە و تووڕەیی بڵاو دەبێتەوە.

[١٩]«لەبەر ئەوە ئەگەر پاشا پێی خۆشە، با بڕیارێکی شاهانە لەلای خۆیەوە دەربکات و بڕیارەکە لە یاساکانی فارس و مادی بنووسرێت بۆ ئەوەی دەستکاری نەکرێت، بەوەی کە نابێت چیتر ڤەشتی بێتە بەردەم ئەحەشوێرۆش پاشا. پاشاش پلەی شاژنییەتی بە یەکێکی چاکتر لەو بدات. [٢٠]بەو شێوەیە بڕیارەکەی پاشا لەناو هەموو شانشینە مەزنەکە ڕادەگەیەنرێت، هەموو ژنانیش بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ مێردەکانیان دەکەن، لە گەورەیانەوە هەتا بچووکیان.»

[٢١]پاشا و سەرکردەکان ئەو قسەیەیان پێ باش بوو، پاشا بەپێی قسەکەی مەمۆخانی کرد. [٢٢]نامەی بۆ هەموو هەرێمەکان و هەموو گەلەکانی پاشایەتییەکەی نارد، هەریەکە و بە زمان و ڕێنووسی خۆیان، بە زمانی نەتەوەکەی خۆیان بڵاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەموو پیاوێك گەورەی ماڵەکەی خۆی بێت.

## هەڵبژاردنی ئەستێر وەك شاژن

٢ پاش ئەوەی تووڕەیی ئەحەشوێرۆشی پاشا دامرکایەوە، پاشا ڤەشتی و ڕەفتارەکەی و ئەو بڕیارەی کە لە دژی دەریکرد بەبیری هاتەوە. [٢]ئینجا ئەوانەی خزمەتی پاشایان دەکرد پێشنیاریان کرد: «با بگەڕێن بۆ کچانی پاکیزە و ڕوخسار جوان بۆ پاشا، [٣]با پاشا بریکار دابنێت لەناو هەموو هەرێمەکانی شانشینەکەیدا، هەموو کچە پاکیزە و ڕوخسار جوانەکان بۆ حەڕەم سەرا لە قەڵای شوش کۆبکەنەوە. با لەژێر سەرپەرشتی هێگەیدا بن، کاربەدەستی[a] پاشا و بەرپرسی حەڕەم سەرایە، بۆ ئەوەی بۆن و ئارایشتیان پێ بدات. [٤]ئینجا ئەو کچەش کە پاشا پەسەندی دەکات، با ببێتە شاژن و شوێنی ڤەشتی بگرێتەوە.» پاشا ئەو قسەیەی پێ باش بوو، کاری پێکرد.

[٥]لەو کاتە لەناو قەڵای شوش پیاوێکی جولەکە هەبوو لە هۆزی بنیامین بوو، ناوی مۆردەخای کوڕی یائیری کوڕی شیمعی کوڕی قیش بوو. [٦]یەکێك بوو لەو ڕاپێچکراوانەی نەبوخودنەسری پاشای بابل لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچی کردبوون، لەنێو ئەو ڕاپێچکراوانەی یەهۆیاکینی پاشای یەهودایان لەگەڵ بوو. [٧]مۆردەخای ئامۆزایەکی هەبوو بە ناوی هەدەسا، خۆی پەروەردەی کردبوو، چونکە نە باوکی هەبوو نە دایك. ئەم کچە بە ئەستێر ناسراوبوو،

[a] ٣ کاربەدەستێکی تایبەت بووە و خەسێنراوە.

کچێکی نازدار و ڕوخسار جوان بوو، پاش مردنی دایك و باوکی مۆردەخای کردییە کچی خۆی.

[٨]بە بیستنی فەرمانەکەی پاشا و یاساکەی بۆ کۆکردنەوەی کچانی زۆر لە قەڵای شوش و سپاردنیان بە دەستی هێگەی، ئەستێریش بردرایە کۆشکی پاشا و بە هێگەیی بەرپرسی حەرەم سەرا سپێردرا. [٩]کچە لەبەرچاوی هێگەی پەسەند بوو و بە دڵی بوو. لەبەر ئەوە زوو بۆن و ئارایشت و پێداویستییەکانی لەگەڵ حەوت کەنیزەی هەڵبژێردراو پێدرا و لە کۆشکی پاشاوە بۆ باشترین شوێنی حەرەم سەرا گواسترایەوە.

[١٠]ئەستێر هیچی لەبارەی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی ئاشکرا نەکرد، چونکە مۆردەخای ڕایسپاردبوو کە ئەوە نەکات. [١١]مۆردەخای هەموو ڕۆژێك لەبەردەم حەوشەی حەرەم سەرا دەهات و دەچوو، بۆ ئەوەی بزانێت ئەستێر چۆنە و ئاگاداربێت لەوەی چی بەسەردێت.

[١٢]بەگوێرەی یاسای پەیڕەوکراو بۆ ئافرەتان هەر کچێك ساڵێکی تەواوی لە ئارایشت و ئامادەکاری بەسەردەبرد: شەش مانگ بە زەیتی مورِ، شەش مانگیش بە بۆن و کەرەستەی دیکەی جوانکاری. ئینجا لەدوای ئەوە نۆرەی دەهات بچێتە لای ئەحەشوێرۆشی پاشا. [١٣]بەم شێوەیە بۆ لای پاشا دەچوو، هەرچی دەویست پێی دەدرا، بۆ ئەوەی لە حەرەم سەراوە لەگەڵ خۆی بیباتە کۆشکی پاشا. [١٤]ئێوارە دەچووە ژوورەوە و بەیانی بۆ بەشێکی دیکەی حەرەم سەرا دەگەڕایەوە، بۆ ژێر سەرپەرشتی شەعەشگەزی کاربەدەستی پاشا و بەرپرسی کەنیزەکان. جارێکی دیکە نەدەچووە ژوورەوە بۆ لای پاشا، تەنها ئەگەر پاشا پێی دڵخۆش بووایە و بە ناوی خۆیەوە بانگی بکردایە.

[١٥]کاتێك نۆرەی ئەستێر هات، کچی ئەبیحەیلی مامی مۆردەخای، ئەوەی مۆردەخای کردییە کچی خۆی، بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، هیچ شتێکی داوا نەکرد جگە لەوەی هێگایی کاربەدەستی پاشا و بەرپرسی حەرەم سەرا پێشنیاری کردبوو. هەرکەسێکیش ئەستێری ببینیایە دەچووە دڵییەوە.

[١٦]ئەستێر لە مانگی دە بردرایە ژوورەوە بۆ لای ئەحەشوێرۆش پاشا لە کۆشکی شاهانە، لە مانگی تێڤێت، لە حەوتەمین ساڵی پاشایەتییەکەی.

[١٧]پاشا ئەستێری لە هەموو ژنەکان زیاتر خۆشویست، لە هەموو پاکیزەکانی دیکە زیاتر پەسەندی کرد و چووە دڵییەوە. تاجی شاهانەی لەسەر سەری دانا و لە شوێنی ڤەشتی کردییە شاژن. [١٨]ئینجا پاشا خوانێکی گەورەی بۆ هەموو سەرکردە و خزمەتکارەکانی سازکرد وەك ڕێزگرتنێك لە ئەستێر، پشووی لە هەرێمەکاندا ڕاگەیاند و بەقەد بەخشندەیی پاشا دیاری بەخشرا.

## ئاشکراکردنی پیلانێك لەلایەن مۆردەخای

[١٩]کاتێك پاکیزەکان بۆ جاری دووەم کۆکرانەوە، مۆردەخای لەلای دەروازەی پاشا دانیشتبوو. [٢٠]ئەستێریش هەروەك مۆردەخای ڕایسپاردبوو هیچ شتێکی لەبارەی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی ئاشکرا نەکردبوو، چونکە ئەستێر هەروەك ئەو ڕۆژانەی مۆردەخای بەخێوی دەکرد بە قسەی ئەو دەجوڵایەوە.

[٢١]لەو ڕۆژانەدا لە کاتێکدا مۆردەخای لە دەروازەی پاشا دانیشتبوو، بیگتانا و تەرەش کە دوو ئەفسەری پاشا بوون لەو ئەفسەرانەی پاسەوانییتی دەروازەکەیان دەکرد، تووڕە بوون و پیلانیان گێڕا کە دەستیان بۆ ئەحەشوێرۆش پاشا درێژ بکەن. [٢٢]بەڵام مۆردەخای بەو کارەی زانی و بە شاژنە ئەستێری گەیاند، ئەویش بە ناوی مۆردەخایەوە بە پاشای گوت. [٢٣]کاتێك بابەتەکە لێی کۆڵرایەوە و زانییان کە ڕاستە، هەردووکیان لە سێدارە دران. ئەو ڕووداوەش لەبەردەم پاشا لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانە تۆمار کرا.

## پیلانی هامان بۆ لەناوبردنی جولەکەکان

٣ پاش ئەم ڕووداوانە، ئەحەشوێرۆشی پاشا هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی[a] گەورە کرد و بەرزی کردەوە، پایەیەکی بەرزتری لە پایەی هەموو سەرکردەکانی دیکە پێ بەخشی کە لەگەڵین. [٢]هەموو کاربەدەستەکانی پاشا کە لەلای دەروازەی پاشاوەن بەپێی فەرمانی پاشا سەریان بۆ هامان دادەنەواند و کڕنۆشیان بۆ دەبرد، بەڵام مۆردەخای سەری بۆ دانەدەنەواند و کڕنۆشی بۆ نەدەبرد.

[٣]لەبەر ئەوە خزمەتکارەکانی پاشا ئەوانەی لە دەروازەکەی پاشادا بوون بە مۆردەخایان گوت: «بۆچی سەرپێچی فەرمانی پاشا دەکەیت؟» [٤]ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قسەیان لەگەڵ دەکرد، بەڵام ئەو هەر گوێی لێ نەدەگرتن. لەبەر ئەوە بە هامانیان گوت بۆ ئەوەی بزانن ئەو قسەیەی مۆردەخای خۆی ڕادەگرێت، چونکە پێی ڕاگەیاندبوون کە ئەو جولەکەیە.

[٥]جا کە هامان بینی مۆردەخای سەری بۆ دانانەوێنێت و کڕنۆشی بۆ نابات، زۆر تووڕە بوو. [٦]پێی کەم بوو بە تەنها دەست بۆ مۆردەخای خۆی درێژ بکات، چونکە زانی مۆردەخای لە چ نەتەوەیەکە. هامان بەدوای ئەوە دەگەڕا هەموو نەتەوەکەی مۆردەخای، بە واتە هەموو جولەکەکان، کە لە شانشینی ئەحەشوێرۆش بوون لەناویان ببات.

[٧]لە مانگی یەك کە مانگی نیسانە، لە ساڵی دوازدەیەمینی ئەحەشوێرۆشی پاشا، لەبەردەم هامان تیروپشکیان دەکرد کە پێی دەگوترا پور، بۆ هەڵبژاردنی ڕۆژ و مانگێك. تیروپشك کەوتە سەر مانگی دوازدە، واتە مانگی ئادار.

[٨]ئینجا هامان بە ئەحەشوێرۆش پاشای گوت: «نەتەوەیەك هەیە لەنێو هەموو نەتەوەکانی هەرێمەکانی پاشایەتییەکە پەرتەوازەن و بە جیاواز دەژین. نەریتەکانیان لەگەڵ نەریتی هەموو نەتەوەکان جیاوازترە و یاساکانی پاشا جێبەجێ ناکەن. بۆ پاشا باش نییە لێیان بگەڕێت بە ئاسوودەیی دانیشن. [٩]ئەگەر پاشا پێی باشە با یاسایەك بۆ لەناوبردنیان بنووسێت، منیش دە هەزار تالنت[b] زیو دەدەمە دەستی خەزنەدار بۆ گەنجینەکانی پاشا.»

[١٠]ئینجا پاشا ئەنگوستیلەکەی لە دەستی خۆی داکەند کە مۆری شاهانەی پێوە بوو، دایە هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی دوژمنی جولەکەکان. [١١]پاشا بە هامانی گوت: «زیوەکە بۆ خۆت بێت، چیشت پێ باشە ئاوا لە نەتەوەکە بکە.»

[١٢]لە سێزدەی مانگی یەك خامەی نهێنییەکانی[c] پاشا بانگ کران، هەموو ئەوەی هامان فەرمانی پێیدان نووسرایەوە بۆ میرەکانی پاشا و پارێزگارەکانی هەرێمە جیاوازەکان و سەرکردەکانی نەتەوە جیاکان، هەر هەرێمە و بە ڕێنووسی خۆی و هەر نەتەوەیە و بە زمانی خۆی. نامەکانیش بە ناوی ئەحەشوێرۆش پاشاوە نووسراون و بە ئەنگوستیلەکەی ئەویش مۆر کران. [١٣]بە دەستی پەیامبەرەکانیشدا نامەکان بۆ هەموو هەرێمەکانی پاشا نێردران و تێیاندا فەرمانی دابوو کە لە یەك ڕۆژ، لە سێزدەی مانگی دوازدە، واتە لە مانگی ئادار هەموو جولەکەکان بە گەنج و پیر و ژن و منداڵەوە قڕ بکرێن و بکوژرێن و لەناو ببردرێن، کەلوپەلەکانیشیان بە تاڵان ببردرێن. [١٤]وێنەی نووسراوەکەش وەك یاسایەك درایە هەموو هەرێمەکان و لەناو هەموو نەتەوەکان بڵاوکرایەوە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە بکەن.

[١٥]هەروەك پاشا فەرمانی کرد پەیامبەرەکان بە پەلە ڕۆیشتن، هەروەها ئەو فەرمانە لە قەڵای شوشیش درا. پاشا و هامان بۆ خواردنەوە دانیشتن، بەڵام شاری شوش شڵەژا.

[a] ١ ئەگاگ، پاشای عەمالێق، لە سەردەمی پێغەمبەر موسا دوژمنی جولەکە بووە. بڕوانە دەرچوون ١٤:١٧ و یەکەم ساموئێل ٢٠:١٥.

[b] ٩ دە هەزار تالنت: نزیکەی ٣٤٥ تەن.

[c] ١٢ ڕازپۆش.

## داواکردنی یارمەتی لە ئەستێر لەلایەن مۆردەخایەوە

٤ پاش ئەوەی مۆردەخای هەموو ئەو کردەوانەی زانی کە کران، جلەکەی دادڕی و جلوبەرگی گوشی[a] پۆشی و خۆڵەمێشی بەسەر خۆیدا کرد، چووە دەرەوە بۆ ناوەڕاستی شار و هاوارێکی گەورە و تاڵی کرد. ٢بەڵام تەنها چووە بەردەم دەروازەی پاشا، چونکە ڕێگا بە کەس نەدەدرا بە پۆشینی جلوبەرگی گوشەوە بچێتە ناو دەروازەی پاشا. ٣هەروەها هەر هەرێمێك فەرمانەکەی پاشا و یاساکەی پێ دەگەیشت، لەنێو جولەکەکان دەبووە شیوەنێکی گەورە و ڕۆژووگرتن، گریان و لاواندنەوە. زۆریان جلوبەرگی گوشیان دەپۆشی و لەناو خۆڵەمێش ڕادەکشان.

٤کاتێك کەنیزەکانی ئەستێر و کاربەدەستەکانی چوونە ژوورەوە و باسی مۆردەخایان بۆی کرد، شاژن زۆر دڵتەنگ بوو. دەستە جلێکی نارد بۆ ئەوەی لە جیاتی جلوبەرگی گوش لەبەری بکرێت، بەڵام ئەو پەسەندی نەکرد. ٥پاشان ئەستێر هەتاخی بانگکرد، کە یەکێك لە کاربەدەستەکانی پاشا بۆ خزمەتکردنی تەرخان کرابوو و فەرمانی پێ کرد بچێتە لای مۆردەخای، بزانێت ئەمە چییە و لەسەر چییە.

٦ئیتر هەتاخ چووە دەرەوە بۆ لای مۆردەخای لە مەیدانی شارەکە، ئەوەی لەبەردەم دەروازەی پاشایە. ٧مۆردەخای هەموو ئەو شتانەی پێ ڕاگەیاند کە بەسەری هاتبوو، هەروەها ئەو بڕە زیوەی کە هامان گوتبووی بۆ لەناوبردنی جولەکەکان بیداتە گەنجینەی پاشا. ٨وێنەیەکیشی لەو یاسا نووسراوە دایێ کە لە شوشەوە بۆ لەناوبردنیان دەرکرابوو، بۆ ئەوەی پیشانی ئەستێری بدات و بابەتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، ڕایبسپێرێت کە بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا و لە پێناوی نەتەوەکەی لێی بپاڕێتەوە و داوای بەزەیی لێ بکات.

٩هەتاخ گەڕایەوە و قسەکانی مۆردەخای بە ئەستێر ڕاگەیاند. ١٠ئەستێریش هەتاخی ڕاسپاردەوە بە مۆردەخای بڵێت: ١١«هەموو کاربەدەستەکانی پاشا و هەموو نەتەوەکانی هەرێمەکانی پاشا دەزانن، کە هەر پیاوێك یان هەر ژنێك بچێتە ژوورەوە بۆ لای پاشا بەبێ ئەوەی بانگ بکرێتە دیوانەکەی ناوەوە، یەك یاسای بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەویش مردنە، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە پاشا داردەستە زێڕینەکەی خۆی بۆ درێژ دەکات، ئەو کەسە دەژییێت. منیش سی ڕۆژە بانگ نەکراوم بۆ ئەوەی بچمە ژوورەوە بۆ لای پاشا.»

١٢کاتێك قسەکەی ئەستێریان بە مۆردەخای ڕاگەیاند، ١٣ئەویش ئەم وەڵامەی بۆ ناردەوە: «وا مەزانە کە تۆ لە ماڵی پاشادا بەدەر لە هەموو جولەکەکان دەرباز دەبیت، ١٤چونکە ئەگەر تۆ لەم کاتەدا بێدەنگ بیت، ژیانەوە و دەربازبوون لە شوێنێکی دیکە بۆ جولەکەکان سەرهەڵدەدات، بەڵام خۆت و ماڵی باوکت لەناو دەبردرێن. هەروەها کێ دەزانێت، لەوانەیە بۆ کاتێکی وەك ئەمە بە پلەی پاشایەتی گەیشتوویت؟»

١٥ئینجا ئەستێر ئەم وەڵامەی بۆ مۆردەخای ناردەوە: ١٦«بڕۆ هەموو جولەکەکانی ناو شوش کۆبکەرەوە، لە پێناوی من ڕۆژوو بگرن. سێ شەو و سێ ڕۆژ هیچ مەخۆن و هیچ مەخۆنەوە. خۆم و کەنیزەکانم بە هەمان شێوە ڕۆژوو دەگرین. دوای ئەوە بە پێچەوانەی یاسا دەچمە ژوورەوە بۆ لای پاشا. ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم.»

١٧ئیتر مۆردەخای چوو هەموو ئەو شتانەی کرد کە ئەستێر ڕایسپاردبوو.

## داواکاری ئەستێر

٥ لە سێیەمین ڕۆژ ئەستێر جلوبەرگی شاهانەی لەبەرکرد و لە دیوانەکەی ناوەوەی کۆشکی پاشا بەرامبەر دیوەخانی پاشا ڕاوەستا، پاشاش لە دیوەخانەکە لە بەرامبەر دەروازەکە لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو. ٢کاتێك پاشا ئەستێری شاژنی

---

[a] ١ کاتی دەرکەوتنی نیشانەی کارەساتێك جلوبەرگی لە گوش دروستکردووە و لەبەری کردووە.

بینی لە دیوانەکە ڕاوەستاوە، دڵی پێی خۆشبوو و داردەستە زێڕینەکەی دەستی بۆ ئەستێر درێژکرد. ئەستێریش چووە پێشەوە و دەستی لەسەری داردەستەکە دا.

[٣]ئینجا پاشا پێی گوت: «شاژنە ئەستێر، چیتە و داواکاریت چییە؟ هەتا داوای نیوەی شانشینەکەش بکەیت پێت دەدرێت.»

[٤]ئەستێر گوتی: «ئەگەر پاشا پێی خۆشە، با ئەمڕۆ پاشا لەگەڵ هامان بێنە ئەو خوانەی کە بۆم ئامادە کردووی.»

[٥]پاشاش گوتی: «بە پەلە هامان بهێنن بۆ ئەوەی داواکەی ئەستێر جێبەجێ بکات.» ئینجا پاشا و هامان چوون بۆ ئەو خوانەی کە ئەستێر ئامادەی کردبوو.
[٦]پاشا لە کاتی شەراب خواردنەوە بە ئەستێری گوت: «بابەتەکەت چییە؟ پێت دەدرێت. داواکارییەکەت چییە؟ تەنانەت داوای نیوەی شانشینەکەش بکەیت، پێت دەدرێت.»

[٧]ئەستێر وەڵامی دایەوە و گوتی: «بابەتەکەم و داواکارییەکەم ئەمەیە: [٨]ئەگەر پاشا لێم ڕازی بێت و پێی خۆش بێت بابەتەکەم و داواکارییەکەم بۆ جێبەجێ بکات، با سبەینێ پاشا لەگەڵ هامان بێتە ئەو خوانەی کە بۆیان ئامادە دەکەم، ئەو کاتە وەڵامی پرسیارەکەی پاشا دەدەمەوە.»

## ڕقی هامان لە مۆردەخای

[٩]ئەو ڕۆژە هامان بە شادی و دڵخۆشییەوە چووە دەرەوە. بەڵام کاتێک هامان لە دەروازەی پاشا مۆردەخای بینی لەبەری هەڵنەستا و خۆی تێکنەدا، زۆر ڕقی لە مۆردەخای هەستا. [١٠]بەڵام هامان خۆی گرت و گەڕایەوە ماڵەوە.

هامان دۆستەکانی و زەرەشی ژنی بانگکرد،
[١١]شانازی بە زۆری دەوڵەمەندی و زۆری کوڕەکانی کرد، هەروەها چۆن پاشا ڕێزی لێی ناوە و پایەی بەرزکردووەتەوە لەسەر سەرکردە و کاربەدەستەکانی دیکەی. [١٢]هەروەها هامان گوتی: «تەنانەت شاژنە ئەستێر جگە لە من کەسی دیکەی لەگەڵ پاشا بۆ ئەو خوانە داوەت نەکردووە کە ئامادەی کردووە، بۆ سبەینێ منیشی لەگەڵ پاشا داوەت کردووە. [١٣]بەڵام ئەمانە هەموویان هیچ بەهایەکیان لەلای من نییە، هەر کاتێک مۆردەخای جولەکە دەبینم لە دەروازەی پاشادا دانیشتووە.»

[١٤]زەرەشی ژنی و دۆستەکانی پێیان گوت: «با سێدارەیەک بە بەرزی پەنجا باڵ[a] دروستبکرێت، بەیانی بە پاشا بڵێ با مۆردەخای لەسەر هەڵبواسن. پاشان بە خۆشییەوە لەگەڵ پاشا بڕۆ سەر خوانەکە.» هامان ئەو قسەیەی پێ باش بوو، فەرمانی دا سێدارەکە دروستبکرێت.

## ڕێزگرتن لە مۆردەخای

٦ ئەو شەوە پاشا خەوی زڕا. فەرمانی دا پەڕتووکی پوختەی مێژووی[b] بۆ بهێنن و بۆی بخوێننەوە. [٢]بینرا ئەوەی تێدا نووسراوە کە مۆردەخای لەبارەی بیگتانا و تەرەشەوە ئاشکرای کردبوو، دوو لەو ئەفسەرانەی پاشا، کە پاسەوانی دەروازەکە بوون و ویستیان دەستیان بۆ ئەحەشوێرۆش پاشا درێژ بکەن.

[٣]پاشا پرسیاری کرد: «چ ڕێز و گەورەییەک بەرامبەر بەمە بۆ مۆردەخای کراوە؟» خزمەتکارەکانی پاشا ئەوانەی لەبەردەستی بوون گوتیان: «هیچی بۆ نەکراوە.»

[٤]پاشا گوتی: «کێ لە دیوانەکەیە؟» لەو کاتەدا هامان چووبووە ناو دیوانەکەی دەرەوەی کۆشکی پاشا، بۆ ئەوەی بە پاشا بڵێت مۆردەخای لەسەر ئەو سێدارە هەڵبواسێت کە بۆی ئامادە کردبوو.

[٥]خزمەتکارەکانی پاشا وەڵامیان دایەوە: «وا هامان لە دیوانەکە ڕاوەستاوە.»

پاشاش فەرمانی دا: «با بێتە ژوورەوە.»

[٦]کە هامان چووە ژوورەوە، پاشا لێی پرسی: «چی بۆ پیاوێک بکرێت پاشا پێی خۆش بێت ڕێزی لێ بگرێت؟»

[a] ١٤ پەنجا باڵ: نزیکەی ٢٣ مەتر.

[b] ١ مەبەست لە تۆماری ڕووداوەکانی پاشایەتی خۆیەتی.

هامان لە دڵی خۆیدا گوتی: «لە من زیاتر کێ هەیە پاشا پێی خۆش بێت ڕێزی لێ بگرێت؟» [٧]ئیتر هامان وەڵامی پاشای دایەوە: «بۆ ئەو پیاوەی کە پاشا پێی خۆشە ڕێزی لێ بگرێت، [٨]با ئەو جلوبەرگە شاهانەیەی کە پاشا لەبەری دەکات و ئەو ئەسپەی کە پاشا سواری دەبێت، لەگەڵ ئەو تاجەی شاهانە کە لەسەر سەری ئەسپەکە دادەنرێت بهێنرێ. [٩]ئینجا با جلوبەرگەکە و ئەسپەکە بدرێنە پیاوێك لە میرانی سەرکردەی پاشا، بۆ ئەوەی لەبەری ئەو پیاوەی بکات کە پاشا پێی خۆشە ڕێزی لێ بگرێت، لە شەقامەکانی شار بە سواری ئەسپەکە بیگەڕێنن و لەبەردەمیەوە هاوار بکەن و بڵێن: ”ئاوا بۆ ئەو پیاوە دەکرێت کە پاشا پێی خۆش بێت ڕێزی لێ بگرێت!“»

[١٠]پاشا بە هامانی گوت: «بە پەلە بڕۆ هەروەك گوتت جلوبەرگ و ئەسپەکە ببە، هەموو ئەو شتانەی پێشنیارت کرد بۆ مۆردەخای جولەکە بیکە، ئەوەی لە دەروازەی پاشا دانیشتووە. هیچیان فەرامۆش مەکە لەوەی کە گوتت.»

[١١]هامان جلوبەرگەکە و ئەسپەکەی برد. جلەکەی لەبەر مۆردەخای کرد و لە شەقامەکانی شار بە سواری ئەسپەکەی گەڕاندی، لەبەردەمی هاواری کرد و گوتی: «ئاوا بۆ ئەو پیاوە دەکرێت کە پاشا پێی خۆش بێت ڕێزی لێ بگرێت!»

[١٢]پاشان مۆردەخای گەڕایەوە بۆ دەروازەی پاشا. بەڵام هامان بە لاواندنەوە و بە سەرشۆڕی گەڕایەوە ماڵەکەی. [١٣]هامان هەموو ئەوەی بەسەری هات بۆ زەرەشی ژنی و بۆ دۆستەکانی گێڕایەوە.

ڕاوێژکارەکانی و زەرەشی ژنی پێیان گوت: «کەوتنی تۆ لەبەردەم مۆردەخای دەستی پێکرد. لەبەر ئەوەی ئەو لە ڕەچەڵەکی جولەکەیە، تۆ ناتوانیت لە دژی بووەستیتەوە، تۆ لەبەردەمی ئەو دەڕووخێیت!» [١٤]لە کاتێکدا کە هێشتا قسەیان لەگەڵ دەکرد، کاربەدەستەکانی پاشا پەیدا بوون بۆ ئەوەی بە پەلە هامان ببەن بۆ ئەو خوانەی کە ئەستێر ئامادەی کردبوو.

## لە سێدارەدانی هامان

٧ ئینجا پاشا و هامان چوونە داوەتەکەی ئەستێری شاژن. [٢]لە ڕۆژەی دووەم کاتێك شەرابیان دەخواردەوە، دیسان پاشا پرسیاری لە ئەستێر کرد: «ئەی شاژن، بابەتەکەت چییە؟ پێت دەدرێت. داواکارییەکەت چییە؟ تەنانەت داوای نیوەی شانشینەکەش بکەیت، پێت دەدرێت.»

[٣]شاژنە ئەستێر وەڵامی دایەوە و گوتی: «ئەی پاشا، ئەگەر لێم ڕازی بیت، پاشا پێی خۆش بێت، ژیانم ڕزگار بکە. ئەوە بابەتەکەمە. نەتەوەکەم ڕزگار بکە. ئەمە داواکارییەکەمە، [٤]چونکە خۆم و نەتەوەکەم لەلایەن کەسێکەوە بۆ لەناوبردن و کوشتن و قڕکردن فرۆشراوین. ئەگەر ئێمە تەنها وەك کۆیلە و کەنیزە بفرۆشراینایە من دەنگم نەدەکرد، چونکە ئەمە نابێتە تەنگانەیەك پاشای پێ بێزار بکرێت.»

[٥]ئینجا ئەحەشوێرۆشی پاشا لە شاژنە ئەستێری پرسی: «ئەو کەسە کێیە و لەکوێیە؟ چۆن بوێری ئەوەی هەیە کارێکی وا بکات؟»

[٦]ئەستێر گوتی: «ئەوە ناحەزەکەمانە، دوژمنمانە، هامانی خراپەکار!»

هامان لەبەردەم پاشا و شاژن تۆقی. [٧]پاشا بە تووڕەییەوە دەستی لە شەراب خواردنەوەکە هەڵگرت و ڕووەو باخچەکەی کۆشك ڕۆیشت. هامانیش ڕاوەستا و بۆ ڕزگاربوونی ژیانی خۆی لە شاژنە ئەستێر پاڕایەوە، چونکە زانی کە پاشا بڕیاری داوە لە سێدارەی بدات.

[٨]لەو کاتەی پاشا لە باخچەی کۆشکەوە گەڕایەوە هۆڵی خوانەکە، هامان خۆی بەسەر ئەو سەکۆیەدا دابوو کە ئەستێر لەسەری دادەنیشت.

پاشا گوتی: «ئایا لاساری بەرامبەر بە شاژنیش دەکات، لەنێو ماڵەکەم و لەگەڵیشمدایە؟»

هەر کە فەرمانەکە لە دەمی پاشا دەرچوو، دەم و چاوی هامانیان داپۆشی. [٩]ئینجا حەرڤۆنا، یەکێك لەو کاربەدەستانەی خزمەتی پاشایان دەکرد گوتی: «لە ماڵی هامان سێدارەیەك هەیە بەرزییەکەی پەنجا

باڵە[a]، بۆ مۆردەخای دروستی کردووە کە قسەیەکی چاکی گەیاندە پاشا.»

پاشا گوتی: «لەسەری هەڵیبواسن!» [١٠]بەو شێوەیە هامانیان لەسەر ئەو سێدارەیە هەڵواسی کە بۆ مۆردەخای ئامادەی کردبوو. پاشان تووڕەیی پاشا دامرکایەوە.

## فەرمانی پاشا سەبارەت بە جولەکەکان

٨ لەو ڕۆژە ئەحەشوێرۆشی پاشا سامانی هامانی دوژمنی جولەکەکانی دایە ئەستێری شاژن. مۆردەخای هاتە بەردەم پاشا، چونکە ئەستێر پێی گوتبوو کە خزمی ئەوە. [٢]هەروەها پاشا ئەنگوستیلەکەی لە دەستی خۆی داکەند کە لە هامانی سەندبووەوە و دایە مۆردەخای. ئەستێریش مۆردەخای کردە بریکاری سامانەکەی هامان.

[٣]ئەستێر جارێکی دیکە لەگەڵ پاشا قسەی کرد. خۆی خستە بەر پێیەکانی و گریا و لێی پاڕایەوە بۆ ئەوەی پیلانەکەی هامانی ئەگاگی هەڵبوەشێنێتەوە کە لە دژی جولەکەکان دایڕشتبوو. [٤]ئینجا پاشا داردەستە زێڕینەکەی بۆ ئەستێر درێژکرد، ئەستێر هەستا و لەبەردەم پاشا ڕاوەستا.

[٥]گوتی: «ئەی پاشا، ئەگەر تۆ ڕازی بیت، ئەگەر منت بە دڵە و دەبینیت کە داواکارییەکەم ڕەوایە، ئەگەر من لەلای تۆ پەسەندم، تکایە داوای نووسینی فەرمانێك بکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانەی هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی دایڕشتبوو. ئەو نامەی بۆ هەموو هەرێمەکانی پاشا نووسیبوو بۆ لەناوبردنی جولەکەکان. [٦]ئەوسا چۆن دەتوانم تەماشای ئەو کارەساتە بکەم کە تووشی نەتەوەکەم دەبێت؟ چۆن دەتوانم تەماشای لەناوچوونی ڕەگەزەکەم بکەم؟»

[٧]ئەحەشوێرۆش پاشا وەڵامی شاژنە ئەستێر و مۆردەخای جولەکەی دایەوە: «لەبەر ئەوەی هامان دەستدرێژی کردە سەر جولەکە، سامانەکەی ئەوم دایە ئەستێر، لە سێدارەشیان دا. [٨]ئێوەش ئەوەی پێتان باشە بە ناوی پاشاوە بۆ جولەکەکانی بنووسن، بە ئەنگوستیلەکەی پاشا مۆری بکەن، چونکە ئەو نووسینەی بە ناوی پاشاوە دەنووسرێت و بە ئەنگوستیلەکەی مۆر بکرێت هەڵناوەشێنرێتەوە.»

[٩]لەو کاتە، لە بیست و سێی سێ، واتە مانگی سیڤان، خامەی نهێنییەکانی[b] پاشا بانگ کران. هەموو ئەو شتانەی کە مۆردەخای فەرمانی پێ کردن بۆ جولەکە و میر و پارێزگار و سەرکردەکانی هەرێمەکان نووسییان، سەد و بیست و حەوت هەرێم بوون، لە هیندستانەوە هەتا کوش، بۆ هەر هەرێمێك بە زمان و ڕێنووسی خۆی، بۆ جولەکەکانیش بە زمان و ڕێنووسی خۆیان. [١٠]مۆردەخای ئەو نامانەی بە ناوی ئەحەشوێرۆش پاشاوە نووسی و بە ئەنگوستیلەکەی پاشا مۆری کردن، بە پەیامبەرەکاندا ناردی، کە سواری ئەسپە تیژڕەوە ڕەسەنەکانی پاشا ببوون.

[١١]ئەو نامانەی پاشا مافی ئەوەی بە جولەکەکانی هەموو شارێك دابوو کۆببنەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن و هەر هێزێکی چەکدار لە هەر نەتەوە و هەرێمێك بێت هێرشیان بکاتە سەر لەناوی ببەن، بیانکوژن و قڕیان بکەن، بە ژن و منداڵەکانیشیانەوە، ئەوەی هەشیانە تاڵانی بکەن. [١٢]ئەو ڕۆژە لەناو هەموو هەرێمەکانی ئەحەشوێرۆشی پاشا دیاریکراوە، لە سێزدەی دوازدە، واتە لە مانگی ئادار. [١٣]وێنەیەك لەو فەرمانە کە وەك یاسا دەرکرابوو لەنێو هەموو هەرێم و گەلەکان بڵاو کرایەوە، بۆ ئەوەی جولەکەکان ئامادە بن بۆ ئەو ڕۆژە تاکو تۆڵە لە دوژمنەکانیان بستێننەوە.

[١٤]پەیامبەرەکان سواری ئەسپی پاشا بوون، هەروەك پاشا فەرمانی پێ کردبوون بە پەلە ڕۆیشتن، هەروەها یاساکە لە قەڵای شوشیش دەرچوو.

[١٥]ئینجا مۆردەخای بە بەرگی شاهانەی مۆر و سپییەوە لەبەردەم پاشا هاتە دەرەوە، تاجێکی گەورەی زێڕین لەسەر ناوچەوانی بوو، کەوایەکی ئەرخەوانی لە کشمیر دروستکراویشی لەسەر شان بوو. شادی و خۆشی شاری شوشی گرتەوە. [١٦]ڕووناکی

[a] ٩ پەنجا باڵە: نزیکەی ٢٣ مەتر.

[b] ٩ ڕازپۆشەکانی.

بۆ جولەکەکان درەوشایەوە، پڕبوون لە خۆشی و شادی و هەستکردن بە ڕێز. [١٧]جا لە هەر هەرێم و شارێك کە فەرمانەکەی پاشا و یاساکەیان پێ دەگەیشت، دەبووە شادی و خۆشی بۆ جولەکەکان، خوانیان دەڕازاندەوە و ئاهەنگیان دەگێڕا. زۆریش لە نەتەوەکانی دیکە بوونە جولەکە، چونکە زۆر لە جولەکە دەترسان.

## سەرکەوتنی جولەکەکان

٩ لە سێزدەی دوازدە، واتە لە مانگی ئادار، کاتی جێبەجێکردنی قسە و فەرمانەکەی پاشا هات. لەو ڕۆژەدا کە دوژمنەکانی جولەکەکان چاوەڕوان بوون تێیدا بەسەریاندا زاڵ بن، بەڵام دۆخەکە لە دژیان هەڵگەڕایەوە بە شێوەیەك کە جولەکەکان بەسەر ناحەزەکانیاندا زاڵ بوون. [٢]جولەکەکان لە هەموو هەرێمەکانی ئەحەشوێرۆشی پاشا لەناو شارەکانیان کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئەوانەی دەیانویست خراپەیان بەرامبەر بکەن. بەڵام کەس لەبەردەمیان خۆی ڕانەگرت، چونکە خەڵك زۆر لێیان ترسان. [٣]هەموو سەرکردەکانی هەرێمەکان، میر و پارێزگار و لێپرسراوەکانی پاشاش یارمەتی جولەکەکانیان دەدا، چونکە ترسی مۆردەخای لەسەریان نیشتبوو. [٤]لەبەر ئەوەی مۆردەخای لە کۆشکی پاشا پلەیەکی گەورەی هەبوو، ناوبانگی لەناو هەموو هەرێمەکان بڵاوببووەوە، بەردەوام بەهێز دەبوو.

[٥]جولەکەکان بە شمشێر لە هەموو دوژمنەکانیان دا، کوشتیانن و لەناویانبردن، ئەوەی ویستیان بە ناحەزەکانیان کرد. [٦]جولەکەکان لە قەڵای شوش پێنج سەد پیاویان کوشت و لەناویانبردن. [٧]هەروەها ئەوانەشیان کوشت: پەرشەنداتا، دەلفۆن، ئەسپاتا، [٨]پۆراتا، ئەدەلیا، ئەریداتا، [٩]پەرمەشتا، ئەریسەی، ئەریدەی و ڤەیزاتا، [١٠]کە دە کوڕەکەی هامانی کوڕی هەمەداسای دوژمنی جولەکەکان بوون، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد.

[١١]لەو ڕۆژەدا ژمارەی کوژراوەکان لە قەڵای شوش هێنرایە بەردەستی پاشا. [١٢]جا پاشا بە شاژنە ئەستێری گوت: «جولەکەکان لە قەڵای شوش پێنج سەد پیاویان لەگەڵ دە کوڕەکەی هامان کوشتووە و لەناویانبردوون. ئایا دەبێت لە هەرێمەکانی دیکەی پاشادا چییان کردبێت؟ ئێستاش بابەتەکەت چییە؟ پێت دەدرێت. داواکارییەکەت چییە؟ بۆت جێبەجێ بکرێت.»

[١٣]ئەستێریش گوتی: «ئەگەر پاشا ڕازی بێت، ڕێبدە با سبەینێش لە قەڵای شوش کارەکەی ئەمڕۆیان بکەنەوە، هەر دە کوڕەکەی هامان لە سێدارە بدەن.» [١٤]ئینجا پاشا فەرمانی دا ئەوە بکەن. لە شوش فەرمان دەرکرا، دە کوڕەکەی هامان لە سێدارە دران. [١٥]پاشان جولەکەکانی ناو شوش لە چواردەی ئادار دووبارە کۆبوونەوە، سێ سەد پیاویان لە شوش کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد.

[١٦]هەروەها جولەکەکانی دیکەش کە لە هەرێمەکانی پاشادا بوون، کۆبوونەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و ڕزگاربوونیان لە دوژمنەکانیان. حەفتا و پێنج هەزار کەسیان لە ناحەزەکانیان کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد. [١٧]ئەمە لە سێزدەی ئادار ڕوویدا، لە چواردەی مانگ پشوویان دا و کردیانە ئاهەنگگێڕان و خۆشی.

[١٨]هەروەها جولەکەکانی ناو شوش لە سێزدە و چواردەی مانگ کۆبوونەوە و لە پازدەی مانگ پشوویان دا و کردیانە ڕۆژی ئاهەنگ و خۆشی.

[١٩]لەبەر ئەوە ئەو جولەکانەی لە دەشت و گوندە بچووکەکان دەژیان چواردەی مانگی ئاداریان کردە شادی و ئاهەنگگێڕان، ڕۆژی خۆشی و پێشکەشکردنی دیاری بە یەکتری.

## جەژنی پوریم

[٢٠]ئینجا مۆردەخای ئەم ڕووداوانەی نووسییەوە، ناردی بۆ هەموو جولەکەکانی ناو هەموو هەرێمەکانی ئەحەشوێرۆشی پاشا، دوور و نزیکەکان. [٢١]داوای لێکردن هەموو ساڵێك لە چواردە و پازدەی مانگی ئادار ئاهەنگ بگێڕن، [٢٢]چونکە ئەوە

ئەو کاتەیە جولەکەکان لە دوژمنەکانیان ڕزگار بوون، ئەو مانگەیە کە شیوەنیان بووە خۆشی و هاواریان بووە پێکەنین. مۆردەخای داوای لێکردن ئەوە ببێتە جەژنێك و خوان بڕازێننەوە و دڵخۆش بن و دیاری پێشکەش بە یەکتری بکەن، هەروەها دیاری پێشکەش بە هەژاران بکەن.

[23]ئیتر جولەکەکان داواکارییەکەی مۆردەخایان پەسەند کرد، بەردەوام بوون لەو ئاهەنگگێڕانەی دەستیان پێی کردبوو. [24]هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی دوژمنی هەموو جولەکەکان پیلانی گێڕا بۆ ئەوەی جولەکەکان لەناو ببات، پوری فڕێدا، واتە تیروپشکی کرد، بۆ ئەوەی قڕیان بکات و لەناویان ببات. [25]بەڵام کاتێك ئەستێر چوو ژوورەوە بۆ بەردەم پاشا، پاشا بە نووسراوێك فەرمانی دا، ئەو پیلانە خراپەی کە هامان لە دژی جولەکەکان دایڕشتبوو هەڵبگەڕێتەوە بۆ سەر خۆی، خۆی و کوڕەکانی لە سێدارە بدرێن. [26]لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژانە ناونران پوریم لەسەر ناوی پور. لەبەر هەموو وشەکانی ئەم نامەیە و ئەوەی بینییان و بەسەریان هات، [27]جولەکەکان پەسەندیان کرد و کردیانە نەریت، خۆیان و نەوەکانیان و ئەوانەشی دەچنە پاڵیان پەیڕەویان کرد، بۆ ئەوەی لە یاد نەکرێن، هەمیشە لەو دوو ڕۆژەدا بەپێی ئەوەی کە نووسراوە و لە کاتی خۆیاندا هەموو ساڵێك ئاهەنگ بگێڕن. [28]هەروەها ئەم ڕۆژانە یادیان بکرێتەوە، لەنێو هەموو نەوە و هۆز و هەرێمێك و لە هەموو شارێك ئاهەنگیان بۆ ساز بکرێت. ڕۆژانی پوریم هەرگیز لەنێو جولەکەکان لەبیر نەکرێن و ناشبێت لەلایەن نەوەکانیانەوە لە یاد بکرێت.

[29]ئینجا شاژنە ئەستێری کچی ئەبیحەیل و مۆردەخای جولەکە بە هەموو دەسەڵاتێکەوە نامەیەکی دیکەیان نووسی بۆ ئەوەی ئەم نامەیەی دووەم سەبارەت بە پوریم بچەسپێنن. [30]مۆردەخای نامەکانی بۆ هەموو جولەکەکانی ناو سەد و بیست و حەوت هەرێمەکەی شانشینی ئەحەشوێرۆش نارد، وێڕای هیوای شادی ئارامییان بۆ جولەکەکان، [31]بۆ چەسپاندنی دوو ڕۆژەکەی پوریم لە کاتی دیاریکراوی خۆی. هەروەك مۆردەخای جولەکە و شاژنە ئەستێر داوایان لێیان کرد، ئەوانیش بۆ خۆیان و نەوەکانیان پەسەندیان کرد کە بەڕۆژوو بن و بپاڕێنەوە. [32]نامەکەی ئەستێر وردەکاری پوریمی ڕوونکردەوە و تۆمار کرا.

## گەورەیی مۆردەخای

١٠ ئەحەشوێرۆشی پاشا سەرانەی بەسەر شانشینەکە و دوورگەکانی دەریاشدا سەپاند. [2]هەموو کاری دەسەڵاتەکەی و تواناکەی و بڵاوبوونەوەی گەورەیی مۆردەخای ئەوەی کە پاشا پایەی بەرز کردەوە، لە پەڕتووکی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی مادی و فارس تۆمار کراون. [3]لەبەر ئەوەی مۆردەخای جولەکە لەدوای ئەحەشوێرۆشی پاشاوە بە پلەی دووەم دەهات، لەنێو جولەکەکانیش گەورە بوو، لەلای برا جولەکەکانی زۆر ڕێزدار بوو، چونکە داوای چاکەی بۆ نەتەوەکەی دەکرد و بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانیان دەکرد.

# ئەیوب

## کورتە باسێك

**ملکەچبوونی باوەڕدار بۆ ئازارەکانی دەبێتە مایەی شکۆمەندی خودا.**

ئەم چیرۆکە باسی ئاڵۆزترین و قووڵترین کێشەی ژیانی مرۆڤایەتییە. نزیکەی دە سەدە بەر لە زایین کۆمەڵێك کێشەی قورس ڕووبەڕووی ئەیوب بووەوە. ئەم پەڕتووکە سەرگوزەشتەی ئەو کارەساتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تووشی ئەیوب هاتن، هەروەها باسی قسەی سێ هاوڕێی ئەیوب دەکات کە بۆ دڵدانەوەی هاتنە لای. هەریەکەیان هەوڵی دا لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات کە ئەیوبی تووشی ئازار کردووە. هەروەها کەسی چوارەم کە ناوی ئەلیهو بوو ویستی بابەتەکە کورت بکاتەوە، شیکردنەوەی چوارەمی بۆ ئازارەکانی ئەیوب کرد. لە کۆتاییدا خودا خۆی قسەی لەگەڵ ئەیوب کرد، ئەیوب تێگەیشت کە ئێمە پێویستمان بە خودی خودا هەیە زیاتر لەوەی کە پێویستمان بە وەڵامدانەوەکانی هەبێت بۆ شیکردنەوەی کێشەکانی ژیان. لە کۆتایی پەڕتووکەکە باسی چاکبوونەوەی ئەیوب دەکات لە برین و ئازارەکانی، هەروەها خودا لەپێشتر زیاتر بەرەکەتداری دەکات.

لەم پەڕتووکە پێویستی تەواوی مرۆڤ بە متمانەبوون بە خودا بە فراوانی باسی لێوەکراوە. مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە بزانێت هۆکاری ڕووداوە قورس و پڕ لە ئازارەکان چین، هەروەها بۆچی ڕووبەڕوویان بووەتەوە. دەکرێ سنووری توانا مرۆڤایەتییەکانمان ببەزێنین بە باوەڕبوونمان بە خودا، چونکە خودا هۆکاری ڕووداوەکان دەزانێت و هەموو شتێك دەگۆڕێت بۆ چاکەی ئەوانەی خودایان خۆشدەوێت. پێویستە ئێمە ئەو وانە گرنگە فێربین: ئەگەر هەموو شتێکمان لەدەست دا و جگە لە خودا هیچمان نەما خودا بەسە بۆ ژیانمان.

### سەرەتا: ژیانی ئەیوب پێش تاقیکردنەوە

١ پیاوێك هەبوو لە خاکی عوچ ناوی ئەیوب
بوو، کەسێکی ڕاست و بێ کەموکوڕی بوو،
لەخواترس بوو، خۆی لە خراپە لا دەدا. ٢حەوت
کوڕ و سێ کچی هەبوو. ٣مەڕومالاتەکەشی، حەوت
هەزار مەڕ و سێ هەزار وشتر و پێنج سەد جووت
مانگا و پێنج سەد ماکەر بوو، خزمەتکارەکانیشی زۆر
زۆر بوون، ئەیوب لەنێو هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا
مەزنترین کەس بوو.
٤کوڕەکانیشی بە نۆرە هەر جارەی لە ماڵی
یەکێکیان خوانیان ساز دەکرد، سێ خوشکەکەیان
بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بخۆن و
بخۆنەوە. ٥کاتێك کە ڕۆژانی خوان سازکردنەکە
دەسووڕایەوە، ئەیوب بەدوایاندا دەینارد و پیرۆزی
دەکردن، بۆ ڕۆژی پاشتر بەیانی زوو هەڵدەستا
و بەپێی ژمارەیان قوربانی سووتاندنی پێشکەش
دەکرد، چونکە ئەیوب دەیگوت: «ڕەنگە منداڵەکانم
گوناهیان کردبێت و لە دڵیاندا نەفرەتیان لە خودا
کردبێت.» ئەیوب بە بەردەوامی ئەم کارەی دەکرد.

### یەکەم تاقیکردنەوەی ئەیوب

٦ئەوە بوو ڕۆژێکیان فریشتەکان[a] هاتن بۆ ئەوەی
لەبەردەم یەزدان بوەستن، شەیتانیش لەگەڵیان هات.
٧جا یەزدان بە شەیتانی فەرموو: «لەکوێوە هاتیت؟»
شەیتانیش وەڵامی یەزدانی دایەوە: «لە گەڕان
لەسەر زەوی و هاتوچۆکردن تێیدا.»
٨یەزدانیش بە شەیتانی فەرموو: «خۆ چاوت
نەبڕیوەتە سەر ئەیوبی بەندەم؟ چونکە لە زەویدا
کەس نییە وەك ئەو، کەسێکی وا ڕاست و بێ
کەموکوڕی، لەخواترسە و لە خراپە لادەدات.»
٩شەیتانیش وەڵامی یەزدانی دایەوە: «ئایا ئەیوب
بەخۆڕایی لەخواترسە؟ ١٠ئایا لەبەر ئەوە نییە کە
تۆ لە دەوری خۆی و ماڵەکەی و هەرچی هەیەتی

[a] ٦ عیبری: کوڕانی خودا، لێرە و لە ١:٢. بڕوانە پەیدابوون ٢:٦.

لە هەموو لایەکەوە پەرژینت لێ داوە؟ کارەکانی دەستی ئەوت بەرەکەتدار کردووە، جا مەڕوماڵاتی بەناو زەویدا بڵاو بووەتەوە، [١١]بەڵام ئێستا دەست درێژبکە و لە هەموو ئەوە بدە کە هەیەتی، بزانە چۆن بەرەو ڕوو نەفرەتت لێ دەکات.»

[١٢]جا یەزدان بە شەیتانی فەرموو: «ئەوەتا هەرچی هەیەتی لە دەستی تۆدایە، بەڵام دەست بۆ خۆی مەبە.»

ئینجا شەیتان لەبەردەم یەزدان چووە دەرەوە.

[١٣]ئەوە بوو ڕۆژێکیان کوڕ و کچەکانی لە ماڵی برا گەورەکەیان دەیانخوارد و شەرابیان دەخواردەوە. [١٤]نێردراوێك بۆ لای ئەیوب هات و گوتی: «مانگاکان جووتیان دەکرد و ماکەرەکانیش لەلایانەوە دەلەوەڕان، [١٥]سەبئییەکان بەسەریاندا دان و بردیانن، خزمەتکارەکانیان دایە بەر شمشێر، تەنها من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!»

[١٦]هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی: «ئاگری خودا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و مەڕەکان و خزمەتکارەکانی سووتاند، تەنها من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!»

[١٧]هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی: «کلدانییەکان بە سێ کۆمەڵەوە پەلاماری وشترەکانیان دا و بردیانن، خزمەتکارەکانیان دایە بەر شمشێر، تەنها من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!»

[١٨]هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی:

«کوڕ و کچەکانت لە ماڵی برا گەورەکەیان دەیانخوارد و شەرابیان دەخواردەوە، [١٩]لەناکاو بایەکی بەهێز لە چۆڵەوانییەوە هات و لە هەر چوار گۆشەی ماڵەکەی دا و ماڵەکە بەسەر خزمەتکارەکاندا داڕما و مردن، تەنها من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!»

[٢٠]جا ئەیوب هەستا و کەواکەی دادڕی و سەری خۆی ڕنییەوە و کەوتە سەر زەوی و کڕنۆشی برد، [٢١]گوتی:

«بە ڕووتی لە سکی دایکمەوە هاتووم و
بە ڕووتیش دەگەڕێمەوە ئەوێ.
یەزدان دای و یەزدانیش بردییەوە،
ستایش بۆ ناوی یەزدان.»

[٢٢]لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەیوب گوناهی نەکرد و خودای خەتابار نەکرد.

## دووەم تاقیکردنەوەی ئەیوب

٢ ئەوە بوو ڕۆژێکیان فریشتەکان هاتن بۆ ئەوەی لەبەردەم یەزدان بوەستن، شەیتانیش لەگەڵیان هات. [٢]یەزدان بە شەیتانی فەرموو: «لەکوێوە هاتیت؟»

شەیتانیش وەڵامی یەزدانی دایەوە: «لە گەڕان لەسەر زەوی و هاتوچۆکردن تێیدا.»

[٣]جا یەزدان بە شەیتانی فەرموو: «خۆ چاوت نەبڕیوەتە سەر ئەیوبی بەندەم؟ چونکە لە زەویدا کەس نییە وەك ئەو، کەسێکی وا ڕاست و بێ کەموکوڕی، لەخواترسە و لە خراپە لادەدات. هەتا ئێستاش پابەندە بەوەی کەسێکی دروست بێت، هەرچەندە هانت دام بۆ ئەوەی بەبێ هۆ لووشی بدەم.»

[٤]شەیتانیش وەڵامی یەزدانی دایەوە: «پێست بە پێست! مرۆڤ هەرچی هەبێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی دەیدات. [٥]بەڵام ئێستا دەست درێژبکە و لە ئێسك و گۆشتی خۆی بدە، بزانە چۆن بەرەو ڕوو نەفرەتت لێ دەکات.»

[٦]یەزدانیش بە شەیتانی فەرموو: «ئەوەتا لەبەردەستی خۆتدایە، بەڵام ژیانی بپارێزە.»

[٧]ئیتر شەیتان لەبەردەم یەزدان چووە دەرەوە و ئەیوبی تووشی برینی پیس کرد، لە بنی پێیەوە هەتا تەپڵی سەری. [٨]ئەویش پارچە گۆزەیەکی بۆ خۆخوراندن لەدەست گرت و لەناو خۆڵەمێش دانیشتبوو.

[٩]ژنەکەی پێی گوت: «ئایا هەتا ئێستاش هەر پابەندیت بە دروستییەکەتەوە؟ نەفرەتی لە خودا بکە و بمرە!»

[10] ئەویش پێی گوت: «وەك نەزانێك قسە دەكەیت، ئایا چاكەی خودا قبوڵ بكەین، بەڵام نەهامەتی قبوڵ نەكەین؟»

لە هەموو ئەمەدا ئەیوب گوناهی بەسەر لێودا نەهات.

## سێ هاوڕێكەی ئەیوب

[11] سێ هاوڕێكەی ئەیوب هەموو ئەو نەهامەتییانەیان بیست كە بەسەر ئەیوب هاتووە، جا هەریەكە لە جێی خۆیەوە هات، ئەلیفازی تێمانی و بیلدەدی شوحی و چۆفەری نەعماتی، ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی بێن و دڵنەوایی بكەن و دڵی بدەنەوە.
[12] كاتێك لە دوورەوە چاویان هەڵبڕی، نەدەناسرایەوە. دەنگیان بەرزكردەوە و گریان، هەریەكە كەواكەی خۆی دادڕی و بەرەو ئاسمان خۆڵیان بەسەر خۆیاندا
كرد. [13] لەسەر زەوی لەگەڵی دانیشتن، حەوت ڕۆژ و حەوت شەو، كەسیش بە وشەیەك نەیدوواند، چونكە بینییان خەمۆكیەكەی لە ڕادەبەدەرە.

## ئەیوب قسە دەكات

٣ دوای ئەمە ئەیوب دەمی كردەوە و نەفرەتی لەو ڕۆژە كرد كە تێیدا لەدایك بووە. [2] ئەیوب دەستی بە قسە كرد و گوتی:

[3] «با لەناوبچێت ئەو ڕۆژەی تێیدا لەدایك بووم،
ئەو شەوەش كە گوترا: “كوڕێك لەدایك بوو!”
[4] با ئەو ڕۆژە تاریك بێت،
نە خودا لە سەرەوە بایەخی پێ بدات و
نە ڕۆژی بەسەردا هەڵبێت.
[5] با تاریكی و سێبەری مەرگ لەسەری بێت،
با هەور دایبگرێت،
با ڕۆژ تاریك دابێت و بیتۆقێنێت.
[6] ئەو شەوە، با شەوەزەنگ بیگرێت،
لەناو ڕۆژانی ساڵ دڵخۆش نەبێت
نەیەتە ناو ژمارەی مانگەكان.
[7] با ئەو شەوە نەزۆك بێت،
هاواری خۆشی تێدا نەبێت.
[8] بەر نەفرەتی ئەوانە بكەوێت كە نەفرەت لە ڕۆژگار دەكەن،
ئەوانەی ئامادەن لیڤیاتان بەئاگا بهێنن.
[9] با ئەستێرەكانی بەرەبەیان تاریك دابێن،
چاوەڕوانی ڕووناكی بێت و نەیەت،
با گزنگی بەیان نەبینێت.
[10] چونكە دەرگاكانی سكی لەسەر من دانەخست و
چەرمەسەری لە چاوەكانم نەشاردەوە.

[11] «بۆ لە بار دایكم نەچووم،
كە لەدایك بووم، بۆ ڕۆحم بەدەستەوە نەدا؟
[12] بۆچی ئەژنۆكان هەڵیانگرتم،
بۆ مەمك هەبوو تاكو شیر بدرێم.
[13] چونكە ئێستا ڕاكشابووم و بێدەنگ ببووم،
ئەو كاتە بە ئاسوودەیی دەخەوتم،
[14] لەگەڵ پاشایان و ڕاوێژكارانی زەوی،
ئەوانەی ئەو كۆشكانەیان بۆ خۆیان بنیاد نا كە ئێستا بوونەتە كەلاوە،
[15] یان لەگەڵ میران كە زێڕیان هەیە،
ئەوانەی ماڵەكانیان لە زیو پڕكردووە،
[16] یان وەك لەبارچوویەكی لەخاكنراو، ئینجا نەدەبووم،
وەك كۆرپەیەك ڕووناكی نەبینیوە.
[17] لەوێ خراپەكاران لە ئاژاوەنانەوە دەوەستن
لەوێ ماندووان پشوو دەدەن،
[18] دیلەكان تێكڕا ئاسوودە دەبن،
گوێیان لە دەنگی سەركار نابێت،
[19] لەوێ بچووك وەك گەورە وایە،
كۆیلەش ئازادە لە دەستی گەورەكەی.

[20] «بۆ ڕووناكی دەدرێتە ڕەنجدەران و
ژیانیش بۆ ئەوەی تاڵاوی تێدایە،
[21] ئەوانەی چاوەڕوانی مردن دەكەن و نییە،
لە گەنجینە زیاتر بەدوایدا دەگەڕێن،
[22] هەتا ئەوپەڕی شادمانی دڵخۆشن،
دڵشادن كە گۆڕێك دەبیننەوە؟
[23] بۆ ژیان دەدرێتە پیاوێك

که ڕێگای شاردراوەتەوە،
خوداش بە چواردەوریدا پەرژینی لێ داوە؟
٢٤ چونکە ئاخ هەڵکێشانم بووەتە نانی ڕۆژانەم،
هەنسکیشم وەك ئاو دەڕژێت.
٢٥ چونکە ئەوەی دەمتۆقێنێت هاتە سەر ڕێگام،
ئەوەی لێی دەترسام بەسەرم هات.
٢٦ ئاسوودە نەبووم و بێدەنگ نەبووم،
پشووم نەدا و ئاژاوە هات.»

## وەڵامی یەکەمی ئەلیفاز

٤ ئینجا ئەلیفازی تێمانی وەڵامی دایەوە:
٢ «ئەگەر یەکێك قسەیەك بکات
دڵگران دەبێت؟
بەڵام کێ دەتوانێت لە قسەکردن ڕابوەستێت؟
٣ لە یادت بێ تۆ ڕێنمایی زۆر کەست کردووە و
دەستە شلبووەکانت توند کردووە.
٤ قسەکانت ئەوانەی هەستاندەوە کە کەوتوون و
ئەژنۆ لەرزۆکەکانت چەسپاند.
٥ بەڵام ئێستا کە خۆت تووشی تەنگانە بوویت،
ورەت بەرداوە،
لەوەی کە بەسەر خۆت هاتووە، پەرێشان
بوویت.
٦ ئایا پشت بە لەخواترسییەکەت نابەستیت؟
ئایا بێ کەموکوڕییەکەت هیوابەخش نییە؟
٧ «بەبیر خۆتی بهێنەرەوە، بێتاوانێکت بینیوە
فەوتابێت،
یاخود کەسە سەرڕاستەکان لەناوچووبن؟
٨ وەك بینیوتە، ئەوانەی خراپە دەکێڵن و
چەرمەسەری دەچێنن، خۆیان دروێنەی دەکەن.
٩ بە هەناسەی خودا لەناودەچن و
بە بای تووڕەییەکەی نامێنن.
١٠ مڕەمڕی شێر و دەنگی نەڕەی و
کەڵبەی شێرەکان شکێنران.
١١ شێر دەفەوتێت لەبەر نەبوونی نێچیر و
بەچکەی شێرەکە پەرتەوازە دەبن.
١٢ «وشەیەك بۆ لای من دزەی کرد،
گوێم چرپەیەکی بیست.
١٣ لە مۆتەکەی[a] شەومدا
کاتێك مرۆڤ خەوێکی قووڵ دەیباتەوە،
١٤ ترس و تۆقینێك منی داگرت و
هەموو ئێسکەکانم لەرزین.
١٥ ڕۆحێك بە بەردەممدا تێپەڕی و
مووەکانی لەشم مووچڕکەیان پێدا هات.
١٦ ڕاوەستا،
بەڵام نەمزانی چی بوو،
شێوەیەك لەبەرچاوم بوو،
چرپەیەك و دەنگێکم بیست:
١٧ ’ئایا مرۆڤ لە خودا ڕاستودروستترە،
یان پیاو لە بەدیهێنەرەکەی بێگەردتر دەبێت؟
١٨ ئەگەر خودا متمانە بە خزمەتکارەکانی نەکات و
گومڕایی بخاتە پاڵ فریشتەکانی،
١٩ ئەی چەند زیاتر متمانە بە دانیشتووانی ناو
خانووی قوڕ ناکات،
ئەوانەی بنەچەیان لە خۆڵەوەیە و
وەك مۆرانە پان دەکرێنەوە.
٢٠ لەنێوان بەیانی و ئێوارەدا تێکدەشکێنرێن،
بێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێت بۆ
هەتاهەتایە لەناودەچن.
٢١ ئایا گوریسی ڕەشماڵەکانیان هەڵنەکێشراوە،
تاکو بەبێ دانایی بمرن؟‘

٥ «ئێستا بانگ بکە، بزانە کێ وەڵامت
دەداتەوە؟
ڕوو لە کام لە پیرۆزان دەکەیت؟
٢ چونکە قین گێل دەکوژێت و
بەغیلیش ساویلکە دەمرێنێت.
٣ من گێلێکم بینی ڕەگی داکوتا،
بەڵام لەناکاو ماڵەکەی بە نەفرەت کرا:
٤ با کوڕەکانی لە ئاسوودەیی بەدوور بن،

[a] ١٣ خەونێکی ناخۆش.

لە دادگا تێکبشکێنرێن و کەس فریایان
نەکەوێت.
٥ دروێنەکەیان کەسانی برسی دەیخۆن،
ئەگەر لەناو دڕکیش بێت هەر دەیبەن،
تینووش سامانەکەی هەڵدەقورتێنێت.
٦ چونکە بەڵا لەناو خۆڵەوە دەرناچێت و
چەرمەسەریش لە زەوییەوە ناڕوێت.
٧ بەڵام مرۆڤ بۆ چەرمەسەری لەدایك دەبێت،
وەك چۆن پریشکی ئاگر هەڵدەستێت.

٨ «بەڵام ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە داوام لە
خودا دەکرد و
کێشەی خۆمم دەدایە دەست ئەو.
٩ ئەوەی کارە مەزنەکانی کردووە کە ناپشکێنرێن و
کارە سەرسوڕهێنەرەکان کە لە ژماردن نایەن.
١٠ ئەوەی باران بەسەر ڕووی زەویدا دەبارێنێت و
ئاو بۆ سەر ڕووی دەشتودەر دەنێرێت.
١١ ئەوەی بێفیزەکان بەرزدەکاتەوە،
هەروەها خەمبارەکان بەرەو دڵنیایی دەبات.
١٢ ئەو تەگبیری تەڵەکەبازان پووچ دەکاتەوە
بۆ ئەوەی هیچ کارێك لەسەر دەستی ئەوان
سەرکەوتوو نەبێت.
١٣ ئەوەی داناکان بە فێڵبازی خۆیانەوە دەگرێت،
ڕاوێژی تەڵەکەبازان ڕادەماڵێت.
١٤ لە ڕۆژدا تاریکی بەسەریاندا دێت،
لە نیوەڕۆشدا بە پەلکوتان دەڕۆن وەك بە
شەو.
١٥ ئەو نەدار لە دەمی خراپەکار و
لە دەستی ستەمکار ڕزگار دەکات.
١٦ جا زەلیل بە هیوا دەبێت و
ناڕەوا دەمی دادەخات.

١٧ «سەرزەنشتکردن لەلایەن خوداوە بەرەکەتە،
لەبەر ئەوە تەمبێکردنی خودای هەرە بە توانا
ڕەت مەکەرەوە.
١٨ چونکە ئەو بریندار دەکات و برینیش ساڕێژ
دەکات،
وردوخاش دەکات و بە دەستەکانی خۆی
دەیگرێتەوە.
١٩ لە شەش بەڵا ڕزگارت دەکات و
لە حەوتەمیش خراپەت لێ ناکەوێت.
٢٠ لە قاتوقڕیدا لە مردن دەتکڕێتەوە و
لە جەنگیشدا لە دەمی شمشێر.
٢١ لە خەنجەری زمان پارێزراو دەبیت،
کە وێرانە ڕووت تێ دەکات ناترسیت.
٢٢ بە وێرانی و قاتوقڕی پێدەکەنیت و
لە ئاژەڵە دڕندەکان ناترسیت.
٢٣ چونکە لەگەڵ بەردەکانی دەشتودەر پەیمانت
دەبێت و
ئاژەڵە کێوییەکان ئاشتیت لەگەڵ دەبەستن.
٢٤ جا دەزانیت کە ڕەشماڵەکەت سەلامەتە و
سەرژمێری ماڵەکەت دەکەیت و هیچت ون
نەبووە.
٢٥ ئەو کاتە دەزانیت کە منداڵت چەند زۆر دەبن و
نەوەکانت وەك گیای زەوی دەبن.
٢٦ لەوپەڕی تەندروستیدا دەچیتە ناو گۆڕەوە
وەك هەڵگرتنی کۆڵێك لە کاتی خۆیدا.

٢٧ «ئێمە لەمە وردبووینەوە و بینیمان کە ڕاستە،
جا تۆش گوێ بگرە و لە ژیانی خۆتدا پەیڕەوی
بکە.»

## قسەی دووەمی ئەیوب

٦ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:

٢ «خۆزگە دەتوانرا خەم و
پەژارەکەم بکێشن و
هەموو دەرد و بەڵاکەم بخەنە تای تەرازووەوە!
٣ بێگومان لە لمی دەریا قورستر دەبوو،
لەبەر ئەوەی بە هەڵەشەیی قسەم کرد.
٤ تیرەکانی خودای هەرە بە توانا لە مندان و
ڕۆحم لە ژەهراوەکەیان دەخواتەوە؛
بەڵا تۆقێنەرەکانی خودا لە دژی من ڕیزیان
بەستووە.

٥ ئایا کەرەکێوی کە گیای هەبێت دەزەڕێنێت،
یان گا لەسەر ئالیکەکەی دەقۆڕێنێت؟
٦ ئایا خواردنێکی بێ تام بەبێ خوێ دەخورێت،
یان لینجاوی پاڵپینە تامی هەیە؟
٧ من قێز لەو خواردنانە دەکەمەوە،
نەفسم ڕەتیان دەکاتەوە دەستیان لێ بدەم.

٨ «خۆزگە داواکارییەکەم دەهاتە دی و
ئەوەی چاوەڕێم دەکرد خودا پێی دەدام،
٩ کە خودا ڕازی بێت وردوخاشم بکات و
دەستی لێم بکاتەوە تاوەکو ژیانم ببڕێتەوە!
١٠ هەرچەندە ئازارەکانم دەستم لێ ناپارێزن،
بەڵام هەتا ئێستاش دڵنەواییەکەم ئەمەیە،
کە نکۆڵیم لە وشەکانی خودا پیرۆزەکە
نەکردووە.

١١ «هێزی من چییە هەتا چاوەڕوان بم و
کۆتاییم چییە هەتا دانبەخۆمدا بگرم؟
١٢ ئایا هێزم هێزی بەردە؟
یان گۆشتم بڕۆنزە؟
١٣ سەرکەوتن لە من دوورکەوتووەتەوە،
ئایا هیچ لە دەسەڵاتی مندا هەیە؟

١٤ «ئەگەر کەسێك خۆشەویستی بۆ هاوڕێکەی
دەرنەبڕێت،
ئەوا ڕێزی خودای هەرە بە تواناشی نەگرتووە.
١٥ بەڵام براکانم وەك جۆگەی ئاو پشتیان لێکردم،
وەك جۆگەی ناو دۆڵەکان پڕن و بەسەر
کەنارەکانیاندا دەڕژێن.
١٦ کاتێك لێڵن لەبەر شەختە
بەفر تێیاندا دەتوێتەوە،
١٧ بەڵام کە دەڕۆن کۆتاییان پێ دێت،
کە گەرما داهات لە شوێنی خۆیان وشك دەبن.
١٨ کاروانەکان لە ڕێگای خۆیان لا دەدەن،
دەچنە ناو چۆڵەوانی و لەناودەچن.
١٩ کاروانەکانی تێما بۆی دەگەڕێن،
بازرگانەکانی شەبا هیوادارن کە بیدۆزنەوە،
٢٠ کە هاتنە لای بێ ئومێد بوون،
بێزار بوون چونکە متمانەیان پێی کردبوو.
٢١ ئێستا ئێوەش وەك ئەوتان لێهاتووە، سوودتان
نییە،
بینیتان کە چیم بەسەرهاتووە ئێوە تۆقین.
٢٢ ئایا هیچ کاتێك پێم گوتن: ”شتێکم لە پێناوی من
بدەن،
بە سامانی خۆتان بمکڕنەوە،
٢٣ لە دەستی دوژمن دەربازم بکەن،
لە دەستی ستەمکار بمکڕنەوە؟“

٢٤ «فێرم بکەن، من بێدەنگ دەبم،
تێمبگەیەنن لە چ شتێك گومڕا بووم!
٢٥ ئای، قسەی ڕاست چەند بریندارکەرە!
بەڵام ئەو بەڵگانەی کە دەیانهێننەوە چی
دەسەلمێنن؟
٢٦ ئایا لەسەر قسەکانم سەرزەنشتم دەکەن،
ئەوەی دەیڵێم بە با دەڕوات؟
٢٧ بەڵکو ئێوە هەتیو دەفرۆشن و
چاڵ بۆ هاوڕێی خۆتان هەڵدەکەن.

٢٨ «ئێستا باش تێم بڕوانن،
چونکە من لە ڕووی ئێوەدا درۆ ناکەم.
٢٩ تکایە پاشگەز بنەوە! ستەمم لێ مەکەن،
ئەگینا ڕاستودروستییەکەم دەخەنە گومانەوە.
٣٠ ئایا بەدکاری لەسەر زاری منە،
یان زمانم تامی خراپەکاری جیا ناکاتەوە؟»

## ٧

«ئایا ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی خزمەتکردن
و ڕەنجکێشان نییە،
ڕۆژانیشی وەك ڕۆژانی ڕەنجدەرێك نییە؟
٢ وەك چۆن کۆیلە تامەزرۆی سێبەرە و
کرێکاریش چاوەڕێی کرێیەکەیەتی،
٣ ئاواش مانگەکانی بێ ئومێدی بۆم بوون بە میرات
و
شەوانی چەرمەسەری بوون بە بەشم.
٤ کە دەچمە سەر جێگاکەم دەڵێم: ”کەی بێت
هەستم،“

شەو درێژە دەکێشێت و هەتا بەرەبەیان ئەم
دیو و ئەو دیو دەکەم.
٥ گۆشتم کرم و قەتماغە پۆشیویەتی،
پێستم شەقار بووە و کێمی کردووە.

٦ «ڕۆژگارم لە تەون خێراترە و
بێ هیوا کۆتایی دێت.
٧ ئەی خودا، لە یادت نەچێت کە ژیانم
هەناسەیەکە و
ئیتر چاوەکانم خۆشی نابینن.
٨ ئەو چاوەی کە ئێستا دەمبینێت لەمەودوا
نامبینێت،
چاوت بڕیوەتە من، بەڵام من بوونم نابێت.
٩ هەور پەرت دەبێت و نامێنێت،
بە هەمان شێوە ئەوەی دادەبەزێتە ناو جیهانی
مردووان سەرناکەوێتەوە.
١٠ ئیتر ناگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی و
دەوروپشتی لە یادی دەکەن.

١١ «لەبەر ئەوە منیش دەمم ناگرم،
لە تەنگی ڕۆحمەوە قسە دەکەم،
لە دڵشکاویمەوە سکاڵا دەکەم.
١٢ بۆچی پاسەوانت لەسەر داناوم؟
ئایا من دەریام یان ئەژدیهام؟
١٣ ئەگەر بڵێم نوێنەکەم دڵنەواییم دەداتەوە،
جێگاکەم دڵتەنگییەکەم دەڕەوێنێتەوە،
١٤ بە خەون دەمترسێنیت و
بە مۆتەکە دەمتۆقێنیت.
١٥ لەبەر ئەوە گیانم خنکان هەڵدەبژێرێت،
مردنم پێ باشترە لەم پەیکەرە ئێسکە.
١٦ توامەوە، بۆ هەتاهەتایە ناژیم،
وازم لێ بهێنە، چونکە ڕۆژگارم هیچ واتایەکی
نییە.

١٧ «مرۆڤ چییە هەتا بایەخی پێبدەیت و
هەتا بیری خۆتی پێوە خەریك بکەی،
١٨ هەموو بەیانییەك بەسەری بکەیتەوە و
هەموو ساتێك تاقی بکەیتەوە؟
١٩ هەتا کەی ڕووت لێم وەرناگێڕیت و
مۆڵەتم نادەیتێ هەتا تفەکەم قووت بدەم؟
٢٠ ئەگەر گوناهیشم کردبێت،
کە تۆ چاودێری مرۆڤیت،
ئایا هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر تۆ هەبووە؟
بۆچی منت کردووە بە نیشانەی تیری خۆت؟
ئایا بووم بە بار بەسەر تۆوە؟
٢١ ئەی بۆ لە یاخیبوونم خۆش نابیت و
تاوانم ناسڕیتەوە؟
چونکە بەم نزیکانە لەناو خاکدا ڕادەکشێم و
بەدوامدا دەگەڕێیت، بەڵام من بوونم نابێت.»

## وەڵامی یەکەمی بیلدەد

٨ ئینجا بیلدەدی شوحی وەڵامی دایەوە:
٢ «هەتا کەی بەم شێوەیە قسە
دەکەیت؟
ئەوەی لە دەمت دێتە دەرەوە ڕەشەبایە.
٣ ئایا خودا دادپەروەری بە لاڕێدا دەبات؟
ئایا تواناداره‌کە ڕاستودروستی بەدرۆدەخاتەوە؟
٤ ئەو کاتەی ڕۆڵەکانت گوناهیان دەرهەق بە خودا
کرد،
ئەوا خودا سزای گوناهەکانی خۆیانی بەسەر
هێنانەوە.
٥ بەڵام ئەگەر تۆ بەیانییان زوو ڕوو لە خودا
بکەیت،
لە خودای هەرە بە توانا بپاڕێیتەوە،
٦ ئەگەر تۆ بێگەرد و ڕاست بیت،
ئەوا هەر ئێستا ئاوڕت لێ دەداتەوە و
ماڵەکەی خۆتت وەك پاداشت بۆ
دەگەڕێنێتەوە.
٧ پاشەڕۆژەکەت هێندە تێروتەسەل دەبێت،
کە سەرەتاکەت زۆر هەژار بووە.

٨ «پرسیار لە نەوەی ڕابردوو بکە و
بزانە لە باوباپیرانیانەوە چی فێربوون،
٩ چونکە ئێمە منداڵی دوێنێین و هیچ نازانین،

ڕۆژگاریشمان لەسەر زەوی وەك سێبەر
تێدەپەڕێت.
١٠ ئایا ئەو نەوەیە فێرت ناکەن و پێت ناڵێن؟
یان بە بیری خۆیان قسەت لێ دەرناهێنن؟
١١ ئایا زەل بەبێ زۆنگاو گەشە دەکات،
یان قامیش بەبێ ئاو شین دەبێت؟
١٢ بەڵکو ئەوان کە هێشتا گەشە دەکەن و
نەبڕدراون،
کەچی پێش هەموو گیایەك وشك دەبن،
١٣ بەو جۆرەیە سەرگوزەشتەی ژیانی هەموو
ئەوانەی خودایان لەبیر کردووە و
هیوای خوانەناسان لەناودەچێت.
١٤ ئەوەی پاڵپشتەکەیەتی دەبڕدرێتەوە،
پشتی بە تەونی جاڵجاڵۆکە بەستووە.
١٥ خۆی بە تەوەنەکەوە ڕادەگرێت بەڵام دەپچڕێت،
دەستی پێوە دەگرێت و خۆی ڕاناگرێت.
١٦ ئەوانە وەك ڕووەکێکی تەڕ لەژێر تیشکی
خۆردان،
کە لەناو باخچەکەیدا چڵی تازە دەردەکات.
١٧ بەسەر کۆمەڵە بەرددا ڕەگ دادەکوتێت و
بە تاشەبەردەکانەوە خۆیان توند دەگرن.
١٨ بەڵام کە لە شوێنی خۆی هەڵکەنرا،
شوێنەکەی نکۆڵی لێ دەکات و دەڵێ: ”من
جێگای تۆ نیم.“
١٩ ببینە، خۆشی ژیانەکەی تەنها ئەوەیە،
کە لە جێگاکەیەوە یەکێکی دیکە چەکەرە
دەکات.

٢٠ «بێگومان خودا ئەو کەسە ڕەت ناکاتەوە کە بێ
کەموکوڕی بێت،
کە هانی خراپەکاران نادات.
٢١ کاتێك دەمت پڕ لە پێکەنین دەکات و
لێوەکانت پڕ لە هوتاف،
٢٢ ناحەزانت شەرمەزاری لەبەر دەکەن و ڕەشماڵی
خراپەکارانیش تەفروتوونا دەبن.»

## قسەی سێیەمی ئەیوب

٩ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:
٢ «ڕاستە، دەزانم کە وایە.
جا چۆن مرۆڤ لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست
دەبێت؟
٣ ئەگەر بیەوێت مشتومڕی لەگەڵ بکات،
ناتوانێت وەڵامی یەك لە هەزار بداتەوە.
٤ خودا گەورەیە بە دانایی و لە توانادا زۆر بەهێزە.
کێ هەیە دژایەتی کردبێت و بە سەلامەتی
دەرچووبێت؟
٥ هەژێنەری چیاکانە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن،
ئەوەی لە کاتی تووڕەییدا سەرەوژێریان
دەکات.
٦ زەوی لە جێی خۆی لەق دەکات،
جا کۆڵەکەکانی دەخاتە بوومەلەرزە.
٧ فەرمان بە خۆر دەدات، کە هەڵنەیەت،
بە ئەستێرەکانیش کە نەدرەوشێنەوە.
٨ خۆی بە تەنها ئاسمانی لێك کردووەتەوە،
بەسەر شەپۆلەکانی دەریادا ڕۆیشتووە.
٩ دروستکەری کەلووەکانی[a] ورچ و ڕاوچی و
حەوتەوانە[b] و ئەو کەلووانەی کە لە باشووری
زەوی دەبینرێن.
١٠ کاری مەزنی بەم جۆرەی کردووە کە لە سەرووی
بیرکردنەوەن،
هێندە پەرجوو[c] کە لە ژماردن نایەن.
١١ کاتێك بەسەرمدا دەڕوات نایبینم،
کاتێك تێدەپەڕێت هەستی پێ ناکەم!
١٢ ئەگەر شتێکمان لێ بستێنێت کێ دەتوانێت
بەرەنگاری بێتەوە؟
کێ پێی دەڵێت: ”ئەوە چی دەکەیت؟“
١٣ خودا تووڕەیی خۆی ناگێڕێتەوە،

---

[a] ٩ مەبەستی بورجەکانە، هەریەك لەمانە لە چەند ئەستێرەیەك پێکدێن.
[b] ٩ یەکێك لە کەلووەکانە.
[c] ١٠ پەرجوو: موعجیزە.

یارمەتیدەرانی ڕەهەڤ[a] لە ژێریدا
دەچەمێنەوە.

١٤ «ئیتر من چۆن وەڵامی بدەمەوە و
چۆن وشە هەڵبژێرم بۆ وەڵامدانەوەی؟
١٥ چونکە ئەگەر ڕاستودروستیش بم، ناتوانم وەڵامی
بدەمەوە،
بەڵکو داوای بەزەیی لە دادوەرم دەکەم.
١٦ ئەگەر بانگی بکەم، ئەویش وەڵامم بداتەوە،
باوەڕ ناکەم کە گوێی بۆ دەنگم شل بکات،
١٧ بەڵکو ئەو بە زریان تێکمدەشکێنێت و
بەبێ هۆ برینەکانم زۆر دەکات.
١٨ ناهێڵێت هەناسە بدەم،
بەڵام لە تاڵی تێرم دەکات.
١٩ ئەگەر تاقیکردنەوەی هێز بێت، ئەو بەهێزترینە!
ئەگەر کێشەی دادگا بێت، کێ دەتوانێت بانگی
بکات؟
٢٠ ئەگەر بێتاوان بم دەمم تاوانبارم دەکات،
ئەگەر بێ کەموکوڕیش بم، دەیسەلمێنێت
تاوانبارم.

٢١ «هەرچەندە من بێ کەموکوڕیم،
بەڵام بایەخ بە ژیانی خۆم نادەم؛
ڕقم لە ژیانم دەبێتەوە.
٢٢ ”خودا کۆتایی بە چاك و بە خراپ دەهێنێت.“
لەبەر ئەوە گوتم: بەلامەوە هەردووکیان وەك
یەکن،
٢٣ ئەگەر کارەساتی لەناکاو مردن بهێنێت،
بە نائومێدی بێتاوان پێدەکەنێت.
٢٤ کە خاکێك درابێت بە دەست بەدکارەوە،
ئەوا پەردە بەسەر ڕووی دادوەرەکانی دادەت،
ئەگەر ئەو نەبێت، ئەی کێیە؟

٢٥ «ڕۆژگارم خێراترە لە کەسێك کە ڕادەکات،
گوزەر دەکات و چێژی لێ نابینم.
٢٦ وەك چۆن کەشتی زەل ڕووبار دەبڕێت

هەروەك هەڵۆیەك کە دەنیشێتە سەر
نێچیرەکەی.
٢٧ ئەگەر بڵێم: ”سکاڵاکەی خۆم فەرامۆش دەکەم و
واز لە ڕووگرژی دەهێنم و زەردەخەنە دەخەمە
سەر لێوەکانم،“
٢٨ لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئازارەکانم دەترسم،
چونکە دەزانم بێتاوانم ناکەیت.
٢٩ من تاوانبار دەکرێم،
ئیتر بۆچی بەخۆڕایی خۆم ماندوو بکەم؟
٣٠ ئەگەر بە بەفراو خۆم بشۆم و
دەستەکانم بە ئەسپۆن پاك بکەمەوە،
٣١ لەناو چاڵێك ڕیخ نوقومم دەکەیت،
تەنانەت جلوبەرگەکەم قێزم لێ دەکەنەوە.

٣٢ «چونکە ئەو وەك من مرۆڤ نییە هەتا وەڵامی
بدەمەوە و
لە دادگا ڕووبەڕووی یەك ببینەوە.
٣٣ خۆزگە ناوبژیوانێك لەنێوانمان دەبوو،
دەستی لەسەر هەردووکمان دادەنا،
٣٤ تاوەکو کوتەکەکەی خودام لەسەر هەڵبگرێت و
ترسەکەی نەمتۆقێنێت.
٣٥ ئەو کاتە قسەم دەکرد و لێی نەدەترسام،
چونکە من بەو شێوەیە نیم کە ئەو لێم
تێگەیشتووە.»

١٠ لە ناخەوە قێزم لە ژیان دەبێتەوە،
بە ئازادی سکاڵای خۆم دەردەبڕم،
بە دڵێکی بریندارەوە قسە دەکەم.
٢ بە خودا دەڵێم: بڕیاری تاوانباریم بەسەردا
مەسەپێنە!
تێمبگەیەنە بۆچی دادگایم دەکەیت.
٣ ئایا بەلاتەوە باشە ستەم بکەیت،
ئەوەی بە دەستی خۆت دروستت کرد، زەلیلی
بکەیت؟
بە پیلانی بەدکاران پێبکەنیت؟
٤ ئایا چاوی گۆشتیت هەیە؟
ئایا وەك چاوی مرۆڤ دەبینیت؟

[a] ١٣ هێمایە بۆ میسر

٥ ئایا ڕۆژگارت وەك ڕۆژگاری مرۆڤە،
یان تەمەنت وەك تەمەنی ئێمە دیاریکراوە؟
٦ بۆچی بەدوای تاوانمدا دەگەڕێیت و
چاو بۆ گوناهم دەگێڕیت؟
٧ هەرچەندە تۆ دەزانیت کە من تاوانبار نیم و
کەسیش نییە لە دەستی تۆ فریام بکەوێت.

٨ «دەستەکانی تۆ منیان پێکهێنا و دروستیان کردم،
ئایا دەستت دەگێڕیتەوە سەرم و لەناوم
دەبەیت؟
٩ لەبیرت نەچێت کە تۆ وەك قوڕ شێوەی منت
کێشا،
ئایا ئێستا دەمگەڕێنیتەوە بۆ خۆڵ؟
١٠ ئایا وەك شیر منت نەچۆڕاند و
وەك پەنیر منت نەمەیاند؟
١١ بە پێست و گۆشت منت پۆشی و
بە ئێسك و ماسوولکە منت چنی.
١٢ ژیان و خۆشەویستی نەگۆڕت پێ بەخشیم،
چاودێریی تۆ ڕۆحی منی پاراست.

١٣ «بەڵام ئەمەت لە دڵی خۆتدا شاردەوە،
من زانیم کە چیت لە دڵدایە.
١٤ ئەگەر گوناه بکەم، چاودێریم دەکەیت و
لە تاوانەکەم بێبەریم ناکەیت.
١٥ ئەگەر تاوانبار بم، قوڕبەسەرم!
ئەگەر بێتاوانیش بم، ناتوانم شانازی پێوە بکەم،
چونکە من تێرم لە شەرمەزاری و
زەلیلی خۆم بینی.
١٦ ئەگەر سەرم بەرز بکەمەوە وەك شێر ڕاوم
دەکەیت،
دەگەڕێیتەوە و سامی خۆتم نیشان دەدەیت.
١٧ شایەتەکانت لە دژم نوێ دەکەیتەوە و
تووڕەیی خۆتم لەسەر زیاد دەکەیت و
یەك لەدوای یەك هێزەکانت دەنێریتە سەرم.

١٨ «ئیتر بۆچی لە سکی دایکمەوە دەرتهێنام؟
خۆزگە بفەوتامایە و ئەو کاتە هیچ چاوێکیش
نەیدەبینیم.
١٩ وەك ئەوەی نەبووبم، وا دەبووم،
لە سکی دایکمەوە بۆ گۆڕ دەبردرام.
٢٠ ئایا ڕۆژگارم کەم نییە؟
بەرمدە! وازم لێ بهێنە! با تاوێك زەردەخەنە
بێتە سەر لێوم،
٢١ پێش ئەوەی بڕۆم و ئیتر نەگەڕێمەوە،
بۆ خاکی تەمومژ و سێبەری مەرگ،
٢٢ خاکی تاریکی، وەك شەوەزەنگ،
سێبەری مەرگ و ناڕێکی،
خۆرهەڵاتنیشی وەك شەوەزەنگە.»

## وەڵامی یەکەمی چۆفەر

١١ چۆفەری نەعماتیش وەڵامی دایەوە:
٢ «ئایا ئەم هەموو قسانە شایانی
وەڵام نین،
یاخود پیاوی زۆربلێ ئەستۆ پاك دەبێت؟
٣ ئایا قسە پووچەکانت خەڵکی بێدەنگ دەکات،
یان گاڵتە دەکەیت و کەس نییە شەرمەزارت
بکات؟
٤ بە خودا دەڵێیت "باوەڕم بێگەردە و
من لەبەرچاوی تۆدا پاکم،"
٥ بەڵام خۆزگە خودا دەدوا و
لێوەکانی بەرامبەر بە تۆ دەکردەوە و
٦ نهێنییەکانی دانایی بۆت ئاشکرا دەکرد،
چونکە دانایی لایەکی ئاشکرا و لایەکی
شاردراوەشی هەیە،
جا دەتزانی کە خودا لە تاوانەکەی خۆت کەمتر
سزای داویت.

٧ «ئایا دەتوانیت لە نهێنییەکانی خودا بگەیت؟
ئایا دەتوانیت بگەیتە سنووری خودای هەرە بە
توانا؟
٨ ئەو لە ئاسمان بەرزترە، ئیتر تۆ چی دەکەیت،
لە جیهانی مردووان قووڵترە، ئیتر تۆ چی
دەزانیت؟
٩ پێوانەکەی لە زەوی درێژترە و

لە دەریاش پانترە.
١٠ «ئەگەر هات و تۆی خستە بەندیخانەوە و
تۆی بردە دادگا، کێ ڕێی لێ دەگرێت؟
١١ چونکە ئەو دەزانێت خراپەکاران کێن و
خراپەکاری دەبینێت، وا دەزانیت ئاگای لێ
نییە؟
١٢ بەڵام پیاوێکی بێ ئەقڵ نابێتە تێگەیشتوو
هەتا جاشکی کەرەکێوی وەك مرۆڤ لەدایك
نەبێت.
١٣ «ئەگەر تۆ دڵی خۆت ئامادە بکەیت و
دەستی خۆتی بۆ پان بکەیتەوە،
١٤ ئەگەر ئەو خراپەیەی لەناو دەستتە دووری
بخەیتەوە و
نەهێڵیت ستەم لەناو چادرەکەت نیشتەجێ
بێت،
١٥ ئەو کاتە بەبێ کەموکوڕی شەرم ناکەیت و
چەسپاو دەبیت و ناترسیت.
١٦ چەرمەسەری لەبیر دەکەیت و
وەك ئاوێکی تێپەڕیوو یادی دەکەیتەوە.
١٧ ژیانت لە نیوەڕۆ ڕۆشنتر دەبێت و
تاریکی وەك ڕووناکی بەیانی لێدێت.
١٨ دڵنیا دەبیت چونکە ئومێدت هەیە،
دەوروبەرەکەت دەپشکنیت و بە
ئاسوودەییەوە پشوو دەدەیت.
١٩ خۆت مات دەکەیت و کەس نییە هەراسانت
بکات و
زۆر کەس لە ڕووی تۆ دەپاڕێنەوە.
٢٠ بەڵام چاوی بەدکاران کوێر دەبن و
پەناگا نامێنێت بۆ دەربازبوون؛
ئاواتیان ڕۆح سپاردنە.»

## قسەی چوارەمی ئەیوب

١٢ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:

٢ «ڕاستە ئێوە گەلێکن،
بە مردنتان داناییش دەمرێت،
٣ بەڵام منیش وەك ئێوە تێگەیشتنم هەیە،
من لە ئێوە کەمتر نیم.
ئایا ئەوەی تۆ دەیڵێیت لای هەموو کەسێك
نەزانراوە؟
٤ «لە خودا پاڕامەوە و ئەویش وەڵامی دایەوە،
بەڵام بووم بە گاڵتەجاڕی هاوڕێیەکانم،
هەرچەندە پیاوێکی ڕاستودروست و بێ
کەموکوڕیم، بوومە مایەی گاڵتەجاڕی!
٥ کەسێکی دڵنیا
گاڵتە بە شکستی پێ هەڵخلیسکاو دەکات.
٦ چادری تێکدەران ئارامە و
ئاسوودەییش بۆ ئەوانەی خودا تووڕە دەکەن،
بۆ ئەوانەی بە دەستی خۆیان بتەکانیان
دەهێنن.
٧ «بەڵام پرسیار لە ئاژەڵان بکە، ئەوان فێرت
دەکەن،
هەروەها پرسیار لە باڵندەی ئاسمانیش بکە،
ئەوان پێت ڕادەگەیەنن؛
٨ یان لەگەڵ زەوی بدوێ، فێرت دەکات،
ماسی دەریاش بۆت باس دەکەن.
٩ کام لەمانە نازانێت کە
دەستی خودا ئەمەی ئەنجام داوە؟
١٠ ئەوەی ژیانی هەموو زیندووێك و
ڕۆحی هەموو مرۆڤێکی لەناو دەستدایە؟
١١ ئایا گوێ قسەکان تاقی ناکاتەوە و
مەڵاشوو تامی خواردن ناکات؟
١٢ لە ڕیش سپییێتی دانایی و
لە تەمەن درێژیش تێگەیشتن.
١٣ «دانایی و تواناداری لەلای خوداوەیە،
ڕاوێژ و تێگەیشتن هی ئەون.
١٤ ئەوەی دەڕووخێنێت بنیاد نانرێتەوە،
ئەگەر دەرگای لەسەر کەسێك داخست لێی
ناکرێتەوە.
١٥ ڕێ لە ئاو دەگرێت، وشکەساڵی دێت،
بەرەڵای دەکات زەوی سەرەوژێر دەکات.

١٦ هێز و دانایی لەلای ئەوە،
چەواشەکار و چەواشەکراو هی ئەون.
١٧ ڕاوێژکاران بە پێ خاوسی دەبات،
دادوەران تووشی شێتی دەکات.
١٨ کۆتی پاشاکان دەکاتەوە و
ناوقەدیان بە پشتێن دەبەستێتەوە.
١٩ کاهینەکان بە پێ خاوسی دەبات و
پتەوەکان سەرەوژێر دەکات.
٢٠ ڕێگری گفتوگۆ لە شارەزایان دەکات،
ژیری لە پیران دەستێنێتەوە.
٢١ سووکایەتی بەسەر پایەداراندا دەبارێنێت و
پشتێنی بەهێزان شل دەکاتەوە.
٢٢ قووڵاییەکان لە تاریکی ئاشکرا دەکات و
سێبەری مەرگ بۆ ڕووناکی دەردەخات.
٢٣ نەتەوەکان مەزن دەکات و لەناویان دەبات،
نەتەوەکان بەرفراوان دەکات و پەرتەوازەیان
دەکات.
٢٤ مێشك لە سەرکردەکانی گەلی زەوی دەستێنێتەوە
و
لە چۆڵەوانییەکی بێ ڕێگا وێڵیان دەکات.
٢٥ لە تاریکیدا بە پەلەکوتێ دەڕۆن و ڕووناکی نییە،
وەك سەرخۆش بە ئەملا و ئەولادا دەکەون.

# ١٣

«چاوەکانم هەموو ئەمانەی بینیوە،
گوێیەکانم بیستوویانە و تێیان
گەیشتووم.
٢ وەك زانینی ئێوە منیش زانیومە؛
من لە ئێوە کەمتر نیم.
٣ بەڵام من لەگەڵ توانادارەکە قسە دەکەم،
دەمەوێت لەلای خودا دادگایی بکرێم.
٤ بەڵام ئێوە درۆم بۆ هەڵدەبەستن،
هەمووتان پزیشکی بێ کەڵکن.
٥ خۆزگە بە تەواوی بێدەنگ دەبوون!
ئەوە بۆتان دەبوو بە دانایی.
٦ ئێستا گوێ لە بەهانەم بگرن و
بۆ سکاڵای لێوەکانم گوێ شل بکەن.
٧ ئایا بە دەم خوداوە بەدی دەکەن؟
ئایا بە دەم خوداوە درۆ دەکەن؟
٨ ئایا لایەنگری دەکەن،
یان بۆ خودا مشتومڕ دەکەن؟
٩ ئەگەر تاقیتان بکاتەوە، ئایا دەردەچن
یان دەتانەوێت وەك مرۆڤ هەڵیبخەڵەتێنن؟
١٠ بێگومان سەرزەنشتتان دەکات
ئەگەر بە نهێنی لایەنگری بکەن.
١١ ئایا شکۆمەندییەکەی ناتانترسێنێت و
ترسی ئەو دەستتان بەسەردا ناکێشێت؟
١٢ یادەوەری و پەندەکانتان تەنها خۆڵەمێشە و
بەرگرییەکانتان بەرگرییە لە قوڕ.

١٣ «لێم بێدەنگ بن، من قسە دەکەم و
ئەوەی بەسەرم دێت با بێت!
١٤ بۆچی من کێشە بۆ خۆم دروستبکەم،
ژیانی خۆم بخەمە مەترسییەوە؟
١٥ ئەگەر بشمکوژێت هەر پشتی پێی دەبەستم،
لەبەردەمیدا تەنها مشتومڕ لەسەر
هەڵسوکەوتم دەکەم.
١٦ هەروەها ئەمە بۆ ڕزگاریمە،
کە خوانەناس نایەتە بەردەمی.
١٧ بە تەواوی گوێ لە قسەکانم بگرن و
ئەوەی ڕایدەگەیەنم با گوێتان لێی بێت.
١٨ ئەوەتا من بە باشی سکاڵای خۆمم خستووەتە
ڕوو،
دەزانم ئەستۆپاك دەردەچم.
١٩ کێیە ئەوەی مشتومڕم لەگەڵ دەکات،
تاکو هەر ئێستا بێدەنگ بم و ڕۆح بەدەستەوە
بدەم؟

٢٠ «ئەی خودا، تەنها بەم دوو کارە پشتگیریم بکە،
ئیتر لەبەردەمت ون نابم.
٢١ دەستت لێم دووربخەوە و
با سامی تۆ نەمترسێنێت.
٢٢ ئینجا بانگم بکە و من وەڵام دەدەمەوە،
یان من قسە دەکەم و تۆ وەڵامم بدەوە.
٢٣ چەند تاوان و گوناهم هەیە؟

یاخیبوون و گوناهەکەی خۆمم پێ بناسێنە.
٢٤ بۆچی ڕووی خۆت دەشاریتەوە و
بە دوژمنی خۆت دامدەنێیت؟
٢٥ ئایا گەڵایەکی هەڵوەریو پان دەکەیتەوە؟
ئایا بەدوای پووشی وشکدا ڕادەکەیت؟
٢٦ چونکە تۆ بە تاڵی لە دژم دەنووسیت و
لەسەر تاوانەکانی لاویێتیم سزام دەدەیت.
٢٧ جا پێیەکانی منت خستووەتە ناو کۆتەوە و
چاوت بڕیوەتە هەموو ڕێڕەوەکانم و
شوێن پێیەکانم دەپشکنیت.

٢٨ «وەك دارێکی کلۆر لەناو دەچم،
وەك جلێك کە مۆرانە لێی دابێت.

## ١٤

«مرۆڤی لەدایکبوو لە ژن
ڕۆژگاری کەمە و چەرمەسەری زۆرە.
٢ وەك گوڵ دەپشکوێت و پاشان سیس دەبێت،
وەك سێبەر دەڕوات و ناوەستێت.
٣ جا لەسەر شتێکی وەك ئەمە چاوت زەق کردەوە و
ئێستاش ئەوانت هێناوەتە بەردەم خۆت بۆ دادگایی؟
٤ کێ دەتوانێت پاکێك لە گڵاوێك دەربهێنێت؟
بێگومان کەس!
٥ جا ئەگەر ڕۆژانی هەرکەسێك دیاریکراو بێت و
ژمارەی مانگەکانی لای تۆ بێت و
کاتێکت بۆ دیاریکردبێت کە لێی تێنەپەڕێت،
٦ ئیتر لێیگەڕێ با پشوو بدات،
هەتا وەك ڕەنجدەرێك دڵخۆش بێت بە تەواوبوونی ڕۆژەکەی.

٧ «چونکە دار داخوازییەکی هەیە،
ئەگەر بڕایەوە چەکەرە بکات و دووبارە شین بێتەوە و
لقوپۆپی تازە دەربکات.
٨ ئەگەر ڕەگەکەی لەناو زەویدا کۆنیش بێت و
بنەدارەکەی لەناو خۆڵدا بمرێت،
٩ هەر کاتێك بۆنی ئاو بکات چەکەرە دەکات و
وەك ڕووەکێکی نوێ لق دەردەکات.
١٠ بەڵام پیاو دەمرێت و لەناودەچێت؛
مرۆڤ ڕۆح بەدەستەوە دەدات و بوونی نابێت.
١١ هەروەك ئاوەکان لەناو دەریاچە نامێنن و
ڕووبار ئاوی تێدا نامێنێت و وشك دەبێت،
١٢ هەروەها مرۆڤیش ڕادەکشێت و هەڵناستێتەوە،
لە خەوەکەی خەبەری نابێتەوە و بەئاگا نایەت
هەتا ئاسمان نامێنێت.

١٣ «خۆزگە لەناو جیهانی مردووان لەچاو ونت دەکردم و
دەتشاردمەوە هەتا تووڕەییەکەت دادەمرکایەوە!
خۆزگە کاتێکت بۆ دیاری دەکردم و بەبیرت دەهاتمەوە!
١٤ ئەگەر پیاوێك بمرێت، ئایا زیندوو دەبێتەوە؟
هەموو ڕۆژانم تێکۆشانە،
ئارام دەگرم هەتا دەرووم لێ دەکرێتەوە.
١٥ بانگم دەکەیت من وەڵامت دەدەمەوە،
تامەزرۆ دەبیت بۆ ئەو بوونەوەرەی کە دروستت کرد.
١٦ بێگومان ئەو کاتە چاودێری هەنگاوەکانم دەکەیت،
بەڵام تێبینی گوناهەکەم ناکەیت.
١٧ یاخیبوونەکەم گرێی لێدراوە لەناو بوخچەیەك،
تاوانەکەم دەشاریتەوە.

١٨ «هەروەك چۆن کە چیا بکەوێت پارچەپارچە دەبێت و
تاشەبەرد لە جێی خۆی دەلەقێت،
١٩ ئاو بەرد دەسووێنێت و
لافاو خۆڵی زەوی ڕادەماڵێت،
بەو جۆرە تۆش هیوای مرۆڤ لەناودەبەیت.
٢٠ بۆ هەتاهەتایە بەسەریدا زاڵ دەبیت و کۆتایی پێ دێت،
ڕووی دەگۆڕیت و دەریدەکەیت.

٢١ ئەگەر کوڕەکانی ڕێزیان لێ بگیرێت، پێی
نازانێت،
ئەگەر لە پلەوپایەشیان نزم بکرێتەوە، ئاگای لێ
نییە.
٢٢ تەنها هەست بە ئازاری خۆی دەکات و
داخ بۆ حاڵی خۆی دەخوات.»

## وەڵامی دووەمی ئەلیفاز

١٥ ئەلیفازی تێمانیش وەڵامی دایەوە:
٢ «ئایا کەسی دانا بە نەزانی وەڵام
دەداتەوە و
مێشکی بە شتی هیچوپووچ پڕ دەکات؟
٣ ئایا بە قسەی بێ سوود بەڵگە دێنێتەوە و
بەو لێدوانانەی قازانجی لێ ناکات؟
٤ بەڵام تۆ لەخواترسی پێشێل دەکەیت و
خەڵك لە خواپەرستی دوور دەخەیتەوە.
٥ بێگومان گوناهەکانت دەمت فێر دەکەن و
زمانی تەڵەکەبازی هەڵدەبژێریت.
٦ زمانی خۆت تاوانبارت دەکات، نەك من،
لێوەکانت لە دژت شایەتی دەدەن.

٧ «ئایا تۆ یەکەم مرۆڤ بوویت لەدایك بوویت؟
یان لەپێش گردەکانەوە دروستبوویت؟
٨ ئایا لە ئەنجومەنی خودا[a] گوێت گرتبوو؟
ئایا داناییت بە باڵای خۆتدا بڕاندووەتەوە؟
٩ چی دەزانیت کە ئێمە نایزانین،
چی تێدەگەیت کە لەلای ئێمە نەبێت؟
١٠ پیر و ڕیش سپی وامان لەناودایە،
تەمەنی لە باوکت زیاترە.
١١ ئایا دڵنەواییەکانی خودا و
بە نەرمی قسەکردن لەگەڵت کەمە؟
١٢ بۆچی دڵت دەتبات و
بۆچی چاوەکانت دەبریسکێنەوە،

[a] ٨ هەندێك لە فریشتەکان لەبەردەم خودا ئامادە دەبن، خودا لە فەرمایشت و فەرمانەکانی دەکرێ ڕاوێژیان پێ بکات و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات.

١٣ بۆ ئەوەی ڕۆحت لە دژی خودا وەربگێڕیت و
قسەی وا لە دەمت بهێنیتە دەرەوە؟
١٤ «مرۆڤ کێیە هەتا بێگەرد بێت و
لەدایکبوو لە ژن کێیە هەتا ڕاستودروست بێت؟
١٥ ئەگەر خودا متمانە بە پیرۆزەکانی خۆی ناکات،
کەواتە ئاسمان لەبەرچاوی بێگەرد نییە،
١٦ ئیتر مرۆڤ کە ناڕەوایی وەك ئاو دەخواتەوە
دەبێت چەند قێزەون و گەندەڵ بێت؟

١٧ «من پێت دەڵێم گوێم لێ بگرە،
باسی ئەوە دەکەم کە بینیم،
١٨ ئەوەی داناکان لە باوباپیرانیانەوە پێیان
ڕاگەیەنراوە و
ئەوانیش نەیانشاردووەتەوە،
١٩ ئەوانەی خاکەکە تەنها بەوان دراوە و
هیچ نامۆیەك بەناویاندا تێنەپەڕیوە.
٢٠ بەدکار ڕۆژانە دەتلێتەوە،
ژمارەی ساڵانی ستەمکاریش دیاریکراوە.
٢١ دەنگێکی ترسناك لە گوێیەکانیەتی و
لە ساتی ئاشتیدا تێکدەر بۆی دێت.
٢٢ لەو باوەڕەدا نییە لە تاریکی دەگەڕێتەوە؛
چاوەڕوانی شمشێرە.
٢٣ ئەو وێڵە و دەبێتە نێچیری سیسارکە کەچەڵ،
دەزانێت کە ڕۆژی تاریکی نزیکە.
٢٤ تەنگانە و ئازار دەیتۆقێنن و
بەسەریدا زاڵن وەك پاشایەکی ئامادە بۆ
پەلاماردان،
٢٥ چونکە بە تووڕەییەوە دەستی لە خودا
ڕادەوەشێنێت،
لە دژی خودای هەرە بە توانا پاڵەوانییەتی نواند،
٢٦ بە کەللەڕەقییەوە بەرەو ئەو ڕایکرد
بە قەڵغانە ئەستوور و بەهێزەکەیەوە.

٢٧ «هەرچەندە دەموچاوی بە چەوری داپۆشی و
ناوقەدی خۆی بە پیو[b] ئەستوور کرد،
٢٨ بەڵام لە شارۆچکەی کاولبوو نیشتەجێ دەبێت،

[b] ٢٧ پیو: واتە بەز.

لەو ماڵانەی کەسی تێدا ناژیێت و
خەریکن دەبنە کەلاوە.
٢٩ لەمەودوا دەوڵەمەند نابێت و سامانەکەی جێگیر
نابێت،
دەستکەوتی لەناو زەویدا بەرفراوان نابێت.
٣٠ لە تاریکی دەرباز نابێت،
کڵپەی گڕێك پۆپەکانی وشك دەکات و
بە فووێکی دەمی نامێنێت.
٣١ جێی باوەڕ نابێت
بە شتی پووچ وێڵ دەبێت،
چونکە شتی پووچ دەبێت بە کرێیەکەی.
٣٢ پێش ئەوەی ڕۆژی خۆی تەواو بێت،
دەفەوتێت و گەڵاکەی سەوز نابێت.
٣٣ وەك ترێ پەسیرەکانی[a] دەکەوێت و
وەك زەیتوون گوڵەکەی هەڵدەوەرێت.
٣٤ چونکە کۆمەڵی خوانەناسان چۆڵوهۆڵ دەبێت،
ئاگریش ڕەشماڵی بەرتیلخۆران دەسووتێنێت.
٣٥ بە ئاژاوە دووگیان بوون و خراپەیان بۆ لەدایك
دەبێت،
سکیان پیلانی فێڵ و درۆ پێکدەهێنێت.»

## قسەی پێنجەمی ئەیوب

١٦ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:
٢ «زۆرم لەمانە گوێ لێ بووە،
هەموو دڵنەواییەکەتان بریندارکەرن!
٣ ئایا قسەی پووچ کۆتایی هەیە؟
یان چی دەتوروژێنێت هەتا وەڵام بدەیتەوە؟
٤ منیش وەك ئێوە قسەم دەکرد،
ئەگەر ئێوە لە جێی من بوونایە؛
قسەم بۆ دەگێڕانەوە و
سەرم لە ئاستتان دەلەقاند.
٥ بەڵام بە دەم هانم دەدان و
جوڵەی لێوەکانم ڕایدەگرتن.
٦ «ئەگەر قسە بکەم لە خەمۆکیەکەم کەم نابێتەوە،
ئەگەر بێدەنگیش بم لێم دوور ناکەوێتەوە.
٧ ئەی خودایە تۆ ئێستا بێزارت کردووم،
هەموو کەسوکارەکەی منت تێکداوە.
٨ سستت کردم، سستییەکەم بووە شایەت،
لاوازییەکەم لێم هەستاوە، بەرەوڕوو شایەتیم
لەسەر دەدات.
٩ تووڕەییەکەی پەلاماری دام و منی چەوساندەوە،
ددانەکانی لێم جیڕکردەوە،
دوژمنەکەم چاوی تێبڕیووم.
١٠ خەڵك دەمیان لێ داچەقاندووم،
بە گاڵتەپێکردنەوە زللەیان لێدەدام،
پێکەوە گەلەکۆمەیان لێکردم.
١١ خودا منی دایە دەست زۆردار و
بۆ بەردەستی خراپەکار فڕێیدام.
١٢ من ئاسوودە بووم و ئەو جێلەقی کردم،
پشتەملی گرتم و وردوخاشی کردم.
منی کرد بە نیشانی خۆی؛
١٣ تیرهاوێژەکانی دەوریان دام.
جەرگی بڕیم و دڵی نەسووتا،
زراوی منی بەسەر زەویدا ڕشت.
١٤ جار لەدوای جار شەقم دەکات،
وەك جەنگاوەرێك هێرش دەکاتە سەرم.
١٥ «جلوبەرگی گوشم[b] بە پێستمەوە دووری و
خۆڵەمێشم بە سەری خۆمدا کرد.
١٦ دەموچاوم لەبەر گریان سوور هەڵگەڕا و
ڕەشی بەسەر پێڵوی چاومدا هات.
١٧ لەگەڵ ئەوەی زۆرداری لە دەستی مندا نییە و
نوێژەکەم بێگەردە.
١٨ «ئەی زەوی، خوێنەکەم دامەپۆشە،
با جێیەك نەبێت بۆ هاوارم!
١٩ ئەوەتا لە ئێستاوە شایەتەکەم لە ئاسمانە،
پارێزگارەکەم لە بەرزاییەکانە،
٢٠ ئەو هاوڕێمە و داکۆکیم لێ دەکات.

[a] ٣٣ بەرسیلەکانی.

[b] ١٥ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

کاتێك لەبەردەم خودا چاوەکانم فرمێسك
دەڕێژن،[a]
٢١ ئەو لە پێناوی پیاوێك لە خودا دەپاڕێتەوە،
وەك پاڕانەوەی کەسێك بۆ هاوڕێکەی.

٢٢ «تەمەنم کورتە و بەسەردەچێت،
لە ڕێگایەکدا دیلم کە لێی ناگەڕێمەوە.

١٧ ڕۆحم شکا،
ڕۆژگارم کوژایەوە،
گۆڕ چاوەڕێی منە.
٢ بێگومان گاڵتەجاڕان لە دەورمدان و
ناچار چاودێری کێشمەکێشیان بکەم.

٣ «تکایە لەلای خۆت ببە پشتگیرم،
بێجگە لە تۆ کێ هەیە ببێتە کەفیلم؟
٤ تێگەیشتنت لە مێشکیان شاردووەتەوە،
لەبەر ئەوە بەرزیان ناکەیتەوە.
٥ ئەوەی لە پێناوی پارە پەنجەی تاوان بۆ
هاوڕێیەکانی ڕادەکێشێت،
نەبوونی چاوی منداڵەکانی دەپوکێنێتەوە.

٦ «منی کردە پەندی گەلان و
بووم بەوەی تف لە ڕووم بکرێت.
٧ چاوەکانم لەبەر خەم کز بوون،
هەموو ئەندامەکانم زۆر لاواز بوون.
٨ ئەوانەی ڕاستن بەمە سەرسام دەبن و
بێتاوان بەسەر خوانەناسدا ڕادەپەڕێت.
٩ کەسی ڕاستودروست ڕێگای خۆی دەگرێت و
ئەوەی دەست پاکە هێزی بۆ زیاد دەکرێت.

١٠ «ئێستا وەرنەوە، دووبارە هەوڵ بدەن،
بەڵام من هیچ دانایەکتان تێدا نادۆزمەوە.
١١ ڕۆژگارم بەسەرچوو، مەبەستەکانم هەڵکەنران.
لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووەکانی دڵم
١٢ شەو دەکەن بە ڕۆژ،
لە تاریکیدا ڕووناکی بە نزیك دەبینن.
١٣ ئەگەر هیوا بخوازم جیهانی مردووان ببێت بە
ماڵم و
لە تاریکیدا نوێنەکەم ڕابخەم،
١٤ ئەگەر بە گۆڕم گوت: "تۆ باوکی منیت،"
بە کرمیش: "تۆ دایکی منیت" یان "خوشکی
منیت،"
١٥ ئیتر ئومێدم کوا؟
کێ تەماشای ئومێدم دەکات؟
١٦ ئایا بەرەو قووڵایی جیهانی مردووان دەچێتە
خوارەوە؟
ئایا پێکەوە لەناو خۆڵ شۆڕدەبینەوە؟»

## وەڵامی دووەمی بیلدەد

١٨ بیلدەدی شوحیش وەڵامی دایەوە:
٢ «هەتا کەی تەڵە بۆ قسە
دەنێنەوە؟
تێبگەن ئینجا ئێمە دەتوانین قسە بکەین.
٣ بۆچی بە ئاژەڵ دانراین و
لەبەرچاوتان گێل بووین؟
٤ ئەی ئەوەی لە ڕقی خۆی، خۆی دەخواتەوە،
ئایا لەبەر تۆ زەوی چۆڵ بکرێت و
تاشەبەرد لە جێی خۆی بجوڵێت؟

٥ «بەڵێ چرای بەدکاران دەکوژێتەوە و
گڕی ئاگرەکەی ڕووناکی نابەخشێت.
٦ لەناو چادرەکەی ڕووناکی تاریك دەبێت و
چراکەی تەنیشتی دەکوژێتەوە.
٧ هێزی هەنگاوەکانی کورت دەبن و
ڕاوێژەکەی خۆی دەیخات.
٨ بە پێیەکانی خۆی بۆ ناو داو هەنگاو دەنێت،
جا لەناو تۆڕدا گیر دەخوات.
٩ تەڵە پاژنەی پێی دەگرێت و
فاقە توند دەیگرێت.
١٠ داوەکانی لە زەوی شاردراونەتەوە و
تەڵەکەی لەسەر ڕێگایە.
١١ بەڵاکان لە هەموو لایەکەوە دەیتۆقێنن و

[a] ٢٠ لە هەندێك وەرگێڕانەکان دەگوترێت: هاوڕێیەکانم گاڵتە پێم دەکەن.

هەنگاوبەهەنگاو دوای کەوتوون.
١٢ برسییەتی برستی لێ بڕی و
کارەسات چاوەڕێی کەوتنی دەکات.
١٣ نەخۆشی پارچەکانی پێستەکەی دەخوات،
یەکەم بەری مەرگ ئەندامەکانی لەشی
دەخوات.
١٤ لە ئارامی ناو چادرەکەی خۆی دەڕفێنرێت،
بەرەو لای پاشای بەڵاکان پەلکێش دەکرێت.
١٥ ئەوەی هی ئەو نییە لەناو چادرەکەی نیشتەجێ
دەبێت،
گۆگرد بەسەر جێی مانەوەی پەخش دەکرێت.
١٦ لە ژێرەوە ڕەگوڕیشەی وشك دەبێت و
لە سەرەوەش لقەکانی سیس دەبن.
١٧ یادەوەری لە زەوی نامێنێت و
لەسەر ڕووی وشکانیش هیچ ناوێکی نییە.
١٨ لە ڕووناکییەوە پاڵ دەدرێت بۆ تاریکی و
لە جیهان دەردەکرێت.
١٩ نە نەوە و نە وەچەی لەنێو گەلەکەی دەبێت،
نە دەربازبوو لەنێو چادرەکانی.
٢٠ خەڵکی ڕۆژئاوا لە ڕۆژی حوکمدان لەسەر ئەودا
دەحەپەسێن،
گەلانی ڕۆژهەڵات مووچڕکەیان پێدا دێت.
٢١ ئەوە نشینگەی بەدکارانە و
ئەمە شوێنی ئەوانەیە کە خودا ناناسن.»

## قسەی شەشەمی ئەیوب

١٩ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:
٢ «هەتا کەی گیانم ئازار دەدەن و
بە قسە وردم دەکەن؟
٣ ئەمە دەیەم جارە ڕیسوام دەکەن،
بەبێ شەرمی هێرشتان کردە سەرم.
٤ گریمان بە ڕاستی گومڕا بووم،
گومڕاییەکەم بەسەر خۆم دەشکێتەوە.
٥ ئەگەر بەڕاستی ئێوە خۆتان لە من بە گەورەتر
دادەنێن و
شەرمەزارییەکەی من لە دژی خۆم
بەکاردەهێنن،
٦ ئەوا با لەلاتان زانراو بێت، خودا خۆی منی خوار
کردووەتەوە و
تۆڕەکەی بەدەورمدا ڕاکێشا.

٧ «هەرچەندە لەبەر ستەم هاوار دەکەم، بەڵام
وەڵامم نادرێتەوە،
هاوار دەهێنم، بەڵام دادپەروەری نییە.
٨ ڕێی لێ گرتم و ناپەڕمەوە،
تاریکی خستووەتە سەر ڕێڕەوم.
٩ شکۆمەندییەکەمی لێم داماڵی و
تاجەکەی سەرمی لێکردەوە.
١٠ لە هەموو لایەکەوە منی ڕووخاند تاوەکو نەمێنم
و
هیوای منی وەك دار هەڵکەند.
١١ تووڕەیی خۆی بەسەرمدا داگیرساند و
بە دوژمنی خۆی دانام.
١٢ پەلاماردەرەکانی پێکەوە هاتن و
سەنگەریان لە دژی من لێدا و
لە دەوری چادرەکەم خۆیان دامەزراند.

١٣ «کەسوکاری منی لێم دوورخستەوە و
ناسیاوەکانم لێم بوون بە بێگانە.
١٤ خزمەکانم وازیان لێ هێنام و
ئەوانەی منیان ناسی لەبیریان کردم.
١٥ میوان و کارەکەرەکانم وەك بیانی دایاننام،
وەك نامۆیەك مامەڵەم لەگەڵ دەکەن.
١٦ بانگی خزمەتکارەکەی خۆمم کرد بەڵام وەڵامی
نەدایەوە،
هەرچەندە بە دەمی خۆم لێی پاڕامەوە.
١٧ بۆنم ناخۆش بووە لەلای ژنەکەم و
قێزەونم لەلای جگەرگۆشەکانم.
١٨ تەنانەت منداڵانیش سووکایەتییان پێکردم،
کە هەستم باسی من دەکەن.
١٩ هەموو دۆستەکانم ڕقیان لێم بووەوە و
ئەوانەی خۆشم دەویستن لە دژم هەڵگەڕانەوە.

[٢٠] ئێسکم بە پێست و گۆشتمەوە نووساوە و
بە خۆم و پووکمەوە دەرباز بووم.

[٢١] «بەزەییتان پێم بێتەوە، بەزەییتان پێم بێتەوە ئەی هاوڕێیان،
چونکە دەستی خودا لێی داوم.
[٢٢] بۆچی ئێوەش وەك خودا ڕاوم دەنێن؟
لە گۆشتم تێر نابن؟

[٢٣] «خۆزگە وشەکانم دەنووسرانەوە،
خۆزگە لەناو تۆمارێکدا وێنەیان دەکێشرا،
[٢٤] خۆزگە بە پێنووسی ئاسن لەسەر قورقوشم دەنووسران یان
بۆ هەتاهەتایە لەسەر بەرد هەڵدەکۆڵران.
[٢٥] بەڵام من زانیم ئەوەی کە دەمکڕێتەوە[a] زیندووە و
لە کۆتاییدا لەسەر زەوی ڕاست دەبێتەوە.
[٢٦] پاش ئەوەی ئەم پێستەم لەناودەچێت،
هەر لە جەستەی خۆم خودا دەبینم.[b]
[٢٧] ئەوەی من بۆ خۆم دەیبینم و
چاوەکانم تەماشا دەکەن، نەك یەکێکی دیکە،
لە ناخمەوە تامەزرۆی ئەوەم!

[٢٨] «ئەگەر ئێوە دەڵێن: ”چەند ڕاوی دەنێین،
چونکە ڕەگی کێشەکە لەلای ئەوە،“
[٢٩] لە خۆتان بترسن لە ڕووی شمشێر،
چونکە تووڕەیی سزای شمشێر دەهێنێت،
ئیتر دەزانن کە دادوەری هەیە.»

## وەڵامی دووەمی چۆفەر

٢٠ چۆفەری نەعماتیش وەڵامی دایەوە:
[٢] «لەبەر جۆشانی ناخم،
بیرکردنەوەکانم هانم دەدەن وەڵام بدەمەوە.
[٣] گوێم لە سەرزەنشتەکانی تۆ دەبێت کە سووکایەتیم پێ دەکەیت،
ڕۆحی تێگەیشتنم وام لێ دەکات وەڵام بدەمەوە.

[٤] «ئایا لە کۆنەوە ئەمەت نەزانیوە،
لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی دانراوە؟
[٥] هاواری خۆشی خراپەکاران کورتە و
خۆشی خوانەناس بۆ ساتێکە.
[٦] هەرچەندە لووتبەرزی خوانەناس بگاتە ئاسمان و
سەریشی لە هەور بدات،
[٧] بەڵام وەك تەپاڵە خۆی بۆ هەتاهەتایە لەناودەچێت و
ئەوانەی بینیویانە دەڵێن: ”کوا؟“
[٨] وەك خەون دەفڕێت و ئیتر نامێنێت،
وەك مۆتەکەیەك دەردەکرێت.
[٩] چاوێك کە بینیویەتی دیسان نایبینێتەوە،
جارێکی دیکە شوێنەکەشی نابینرێت.
[١٠] کوڕەکانی هەوڵ دەدەن هەژاران ڕازی بکەن؛
دەستەکانی سامانەکەی دەدەنەوە.
[١١] ئێسکەکانی پڕ لە گەنجیێتین،
بەڵام ئەو گەنجیێتییە لەگەڵیدا لەناو خاك ڕادەکشێت.

[١٢] «کە خراپە لەناو دەمی شیرین بێت و
لەژێر زمانی بیشارێتەوە،
[١٣] دڵی پێی سووتاو و بەجێی نەهێشت،
بەڵکو لەناو گەرویدا بەندی کرد،
[١٤] بەڵام نانەکەی لەناو ڕیخۆڵەکانی دەگۆڕێت،
دەبێتە تاڵی ژەهری مار لەناو سکی.
[١٥] سامانێکی قووت دا و دەیڕشێنێتەوە؛
خودا لەناو سکی وەدەری دەنێت.
[١٦] ژەهری مار دەمژێت؛
زمانی مار دەیکوژێت.
[١٧] جۆگەکان نابینێت،
ڕووبارە ڕۆیشتووەکانی هەنگوین و قەیماغ.
[١٨] بەری ماندووبوونەکەی دێنێتەوە و قووتی نادات،

---

[a] ٢٥ وەك کڕینەوەی کۆیلەیەك بۆ ئازادبوون.

[b] ٢٦ لە عیبری دەگوترێت (لە جەستەکەمەوە)، هەروەها هەندێك لە وەرگێڕانەکان بە (جەستەم هەیە کە خودا دەبینم) وەریانگێڕاوە.

لە قازانجی بازرگانییەکەی خۆشی نابینێت.
١٩ چونکە هەژارانی وردوخاش کرد و بەجێی
هێشتن؛
دەستی بەسەر ماڵێکدا گرت کە بنیادی نەنابوو.

٢٠ «بێگومان لە ناخیدا نەیزانی بەس چییە؛
ئەوەی ئارەزووی دەکات دەربازی ناکات.
٢١ خواردنەکەی پاشماوەی نییە؛
ئیتر خێروخۆشییەکەی بەردەوام نابێت.
٢٢ لەوپەڕی سەڵتەنەتیدا تووشی تەنگانە دەبێت،
دەستی هەموو ڕەنجدەرێکی دێتە سەر.
٢٣ لە کاتێکدا سکی خۆی پڕ دەکات،
خودا گڕی تووڕەیی خۆی بۆ دەنێرێت و
وەکو باران بەسەریدا دەیبارێنێت.
٢٤ لە چەکی ئاسنەوە ڕادەکات و
تیری بڕۆنز دەیبڕێت.
٢٥ تیرەکەی ڕاکێشا و لە پشتییەوە هاتە دەرەوە،
نووکی بریسکەدار زراوی بڕی.
ترسی بەسەرەوەیە؛
٢٦ هەموو تاریکییەك بۆ گەنجینەکانی
شاردراوەتەوە.
ئاگرێك دەیخوات فووی لێ نەکراوە،
ئەوەی لە چادرەکەی مابێتەوە لووشی دەدات.
٢٧ ئاسمان تاوانەکەی ئاشکرا دەکات،
زەوی لێی ڕادەپەڕێت.
٢٨ لەو ڕۆژەی کە خودا تووڕەییەکەی دەبارێنێت،
لافاوێك ماڵەکەی دەبات.
٢٩ ئەمە بەشی کەسی خراپە لە خوداوە،
میراتی دیاریکراوە لە خوداوە.»

## قسەی حەوتەمی ئەیوب

٢١ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:

٢ «بە گوێگرتن گوێ لە قسەکانم
بگرن؛
با ئەمە ببێتە دڵنەواییتان.
٣ بەرگەم بگرن کە قسە دەکەم و
پاش قسەکانم گاڵتە بکەن.

٤ «ئایا من سکاڵاکەم لە مرۆڤە؟
بۆچی ئارامیم لێ نەبڕێت؟
٥ ڕووم لێ بکەن، واقتان وڕبمێنێت و
دەست بخەنە سەر دەمتان.
٦ کاتێك بەبیرم دێتەوە دەتۆقم؛
موچڕکە بە لەشمدا دێت.
٧ بۆچی بەدکاران دەژین و پیر دەبن،
هەروەها بە هێزەوە زاڵ دەبن؟
٨ نەوەیان لەبەردەمیان لەگەڵیان ڕاوەستاوە،
وەچەیان لەبەرچاویانە.
٩ ماڵەکانیان لە ترس دڵنیایە؛
کوتەکی خودا بەسەریانەوە نییە.
١٠ گایەکەیان دەپەڕێت و هەڵە ناکات؛
مانگاکەیان ئاوس دەبێت و لە باری ناچێت.
١١ منداڵەکانیان وەك مەڕ بەڕەڵا دەکرێن؛
شیرەخۆرەکانیان سەما دەکەن.
١٢ دەف و قیسارە بەدەستەوە دەگرن؛
بە دەنگی دووزەلە دڵخۆش دەبن.
١٣ ڕۆژگاریان بە خێروخۆشی بەسەردەبەن و
بە ئارامییەوە بۆ ناو جیهانی مردووان شۆڕ
دەبنەوە.
١٤ لەگەڵ ئەوەشدا بە خودا دەڵێن: ”لێمان دوور
بکەوە!
دڵخۆش نابین بە ناسینی ڕێگاکانت.
١٥ تواناادارەکە کێیە هەتا خزمەتی بکەین؟
سوودی چی دەبینین کە لێی بپاڕێینەوە؟“
١٦ بەڵام خێروخۆشییان لە دەستی خۆیان نییە،
با ڕاوێژی بەدکاران لێم دوور بێت.

١٧ «چەند کەم چرای بەدکاران دەکوژێتەوە و
کارەساتیان بەسەردێت،
یان خودا لە تووڕەیی خۆیدا ئازاری کردووە بە
بەشیان؟
١٨ یان وەك کا بن لەبەردەم با و
وەك ئەو سەرکۆزەرەی ڕەشەبا بردوویەتی؟

١٩ دەگوترێت: ”خودا تاوانی بەدکاران بۆ کوڕەکانیان
هەڵدەگرێت.“
با سزای گیانی خۆیان بدات تاوەکو بزانن!
٢٠ با چاوەکانیان لەناوچوونەکەیان ببینن،
لە جامی تووڕەیی خودای هەرە بە توانا
بخۆنەوە،
٢١ چونکە لەدوای ئەوان، کە ژمارەی مانگەکانیان
تەواو دەبێت،
ئایا گوێ بە کەسوکاریان دەدەن؟

٢٢ «ئایا خودا فێری زانین دەکرێت،
ئەو کە دادوەری پایەدارەکان دەکات؟
٢٣ کەسانێك هەن لەوپەڕی تەندروستیدا دەمرن،
کاتێك بە تەواوی دڵنیا و ئارامن،
٢٤ لەشیان ساغن و
مۆخیان ناو ئێسکەکانیان هێشتا تەڕن.
٢٥ کەسانێکی دیکەش بە پەژارەوە دەمرن و
تامی خێروخۆشییان نەکردووە.
٢٦ هەردووکیان پێکەوە لەناو گڵ ڕادەکشێن و
کرم دایاندەپۆشێت.

٢٧ «بیرکردنەوەی ئێوە باش دەزانم و
ئەو پیلانانەی بۆ ستەملێکردنم داتانناوە،
٢٨ چونکە دەڵێن: ”کوا ماڵی گەورە پیاوەکە؟
کوا چادری نشینگەی خراپەکاران؟“
٢٩ ئایا پرسیارتان لە ڕێبواران نەکردووە و
سەرنجتان نەداوەتە هەواڵەکانیان؟
٣٠ بەدکار لە ڕۆژی کارەسات هەڵدێت،
ئایا لە ڕۆژی تووڕەیی دەرباز دەبێت؟
٣١ کێ بەرەو ڕوو لەسەر ڕەفتارەکەی سەرزەنشتی
دەکات؟
کێ سزای دەدات لەسەر ئەوەی کردوویەتی؟
٣٢ ئەو بەرەو گۆڕەکان دەبردرێت و
لەسەر گۆڕستان شەوارە دەگرێت.
٣٣ قوڕی دۆڵەکە شیرینە بۆ ئەو؛
هەموو مرۆڤ بەدوایەوە دەڕۆن و
لەپێشیشیەوە بەبێ ژمارە.

٣٤ «ئیتر چۆن بە قسەی پڕوپووچ دڵنەواییم
دەدەنەوە؟
لە وەڵامەکانتان تەنها بێوەفایی دەبینم!»

## وەڵامی سێیەمی ئەلیفاز

٢٢ ئەلیفازی تێمانیش وەڵامی دایەوە:
٢ «ئایا مرۆڤ سوودی بۆ خودا
هەیە؟
تەنانەت کەسێکی دانا، ئایا سوودی بۆ خودا
هەیە؟
٣ ئایا خۆشی تێدایە بۆ توانادارەکە کە تۆ
ڕاستودروست بیت؟
ئەگەر ڕەفتارەکەشت بێ کەموکوڕی بێت، ئایا
قازانجی بۆ خودا تێدایە؟

٤ «ئایا لەسەر لەخواترسییەکەت سەرزەنشتت
دەکات و
تۆ دەداتە دادگا؟
٥ ئایا خراپەکانت زۆر نین و
تاوانەکانیشت بێ کۆتایی نین؟
٦ چونکە بەبێ هۆ بارمتەت لە برای خۆت وەرگرت
و
جلت لەبەر داکەند ڕووتت کردەوە.
٧ ئاوت نەدا بە تینوو و
ئامادە نەبووی نان بدەیتە برسی،
٨ هەرچەندە تۆ خاوەن زەوی و پیاوێکی بە توانا
بووی،
کە وەك کەسێکی ناودار تێدا نیشتەجێ بوو.
٩ بێوەژنانت بە دەستبەتاڵی بەڕێکرد و
دەستی هەتیوانت شکاند.
١٠ لەبەر ئەوە چواردەورت تەڵەیە و
ترسی لەناکاو دەتتۆقێنێت،
١١ لەبەر ئەوەش ئەوەندە تاریك بووە کە نابینیت و
لافاوێك داتدەپۆشێت.

١٢ «ئایا خودا لە بەرزی ئاسمان نییە؟

سەیری لووتکەی ئەستێرەکان بکە چەند خۆیان
بڵند گرتووە!
١٣ بەڵام تۆ دەڵێیت: ”خودا چی دەزانێت؟
ئایا لە پشت هەوری ڕەشەوە دادوەری دەکات؟
١٤ هەورەکان پەردەن بۆ ئەو ئیتر نامانبینێت
کە بەسەر بازنەی ئاسمان هاتوچۆ دەکات.“
١٥ ئایا تۆش بەو ڕێگا کۆنەدا دەڕۆیت
کە خراپەکاران پێیدا ڕۆیشتوون؟
١٦ ئەوانەی پێش وەخت دەستیان بەسەردا گیرا،
ڕووبار بەسەر بناغەکەیاندا ڕژا.
١٧ ئەوانەی بە خودایان گوت: ”لێمان دوور بکەوە!
خودای هەرە بە توانا چیمان لەگەڵ دەکات؟“
١٨ بەڵام ئەو بوو کە ماڵەکانی ئەوانی پڕکردووە لە
خێروخۆشی،
با ڕاوێژی خراپەکاران لێم دوور بێت.
١٩ ڕاستودروستان کە وێرانییان دەبینن، دڵخۆش
دەبن،
بێگەردیش گاڵتەیان پێ دەکات:
٢٠ ”بێگومان بەرهەڵستکارانمان لەناودەچن و
سامانەکەشیان ئاگر دەیخوات.“

٢١ «تکایە لەگەڵ خودا ڕێك بکەوە و لە ئاشتی بە،
بەمە خێرۆخۆشیت بۆ دێت.
٢٢ تکایە فێرکردنەکان لە دەمیەوە وەربگرە و
قسەکانی بخە دڵتەوە.
٢٣ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ لای خودای هەرە بە توانا
بنیاد دەنرێیتەوە،
ئەگەر ستەم لە چادرەکەت دووربخەیتەوە،
٢٤ ئەگەر زێڕ فڕێبدەیتە سەر خۆڵ و
زێڕی ئۆفیر بۆ ناو بەردی شیوەکان،
٢٥ ئەو کاتە تواناداره‌کە دەبێت بە زێڕەکەت و
بە زیوی گرانبەها بۆ تۆ.
٢٦ بێگومان ئیتر خۆشی لە تواناداره‌کە دەبینیت،
ڕووت لە خودا دەکەیت.
٢٧ نوێژی بۆ دەکەیت و گوێت لێ دەگرێت،
نەزرەکانت[a] بەجێدەهێنیت.
٢٨ بڕیار دەدەیت و بۆت جێبەجێ دەبێت،
بەسەر ڕێگاکانت ڕووناکی دەدرەوشێتەوە.
٢٩ کاتێك خەڵك دەکەون تۆ دەڵێیت:
”هەڵیانبستێنەوە!“
ئەوا خودا ماتومەلوولەکان ڕزگار دەکات.
٣٠ تەنانەت ئەو کەسەی کە بێگەرد نییە دەربازی
دەکات،
بەهۆی دەستپاکییەکەت دەرباز دەبێت.»

## قسەی هەشتەمی ئەیوب

٢٣ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:
٢ «هەروەها ئەمڕۆش سکاڵاکەم
جەرگبڕە؛
لەگەڵ ناڵینم دەستی خودا لەسەرم هەر
قورسە.
٣ خۆزگە دەمزانی چۆن پێی بگەم؛
دەهاتمە لای نشینگەکەی!
٤ بە ڕێکوپێکی کێشە دەخەمە بەردەمی،
دەمم پڕ دەکەم لە بەهانە،
٥ هەتا بزانم چۆن وەڵامم دەداتەوە و
لەوە تێبگەم کە پێم دەڵێت.
٦ ئایا بە زۆری هێز مشتومڕم لەگەڵ دەکات؟
نەخێر، بەڵکو پەلکێشی دادگام ناکات.
٧ لەوێ کەسی ڕاست بەهانەی بۆ دەهێنایەوە و
بۆ هەتاهەتایە لە دەست دادوەرەکەم دەرباز
دەبووم.

٨ «بەڵام ئەگەر بەرەو ڕۆژهەڵات بچم لەوێ نییە،
بەرەو ڕۆژئاواش هەستی پێ ناکەم.
٩ کاتێك لە باکوور کار دەکات، بەرچاوم ناکەوێت؛
کاتێك بەرەو باشوور دەسووڕێتەوە، نایبینم.

[a] ٢٧ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

١٠ بەڵام ڕێگام دەزانێت،
دوای ئەوەی تاقیم دەکاتەوە وەك زێڕ
دەردەچم.
١١ پێیەکانم بە هەمان هەنگاوی ئەو ڕۆیشتوون،
ڕێگای ئەوم گرتەبەر و لام نەدا.
١٢ لە فەرمانەکانی زمانی ئەو لام نەداوە؛
لە نانی پێویستی خۆم زیاتر قسەکانی دەمی
ئەوم لە گەنجینەی دڵم هەڵگرتووە.

١٣ «بەڵام ئەو تاك و تەنهایە و کێ ڕێی لێ
دەگرێت؟
ئەوەی ئارەزووی لێ بێت، دەیکات.
١٤ فەرزی خۆی لە دژی من جێبەجێ دەکات،
پلانی وەك ئەمانەش زۆرە لەلای.
١٥ لەبەر ئەوە لەبەردەمی دەتۆقم؛
سەرنج دەدەم و لێی دەترسم.
١٦ خودا دڵی بێهێز کردم؛
توانادارەکە منی تۆقاند.
١٧ لەگەڵ ئەوەشدا تاریکی و تەمە چڕەکەش
کە ڕوخساری داپۆشیم بێدەنگم ناکات.

٢٤ «بۆچی خودای هەرە بە توانا کاتەکانی
دادگاییکردنی خراپەکاران دیاری ناکات؟
بۆچی خواناسەکان ئەو ڕۆژانە نابینن؟
٢ خراپەکاران سنوور دەگوازنەوە،
دەست بەسەر مێگەلێکدا دەگرن و
دەیلەوەڕێنن.
٣ گوێدرێژی هەتیوان دەدەنە پێش خۆیان و
گای بێوەژن وەك بارمتە دەبەن.
٤ نەداران لەسەر ڕێگا دەردەکەن،
هەژارانی خاکەکە ناچار دەکەن خۆیان
بشارنەوە.
٥ هەژاران وەك کەرەکێوی لە چۆڵەوانی،
بۆ گەڕان بەدوای خواردندا دەچن،
دەشتودەریش نان بۆ منداڵەکانیان دابین
دەکات.
٦ لە کێڵگە ئالیکی خۆیان دروێنە دەکەن،
لە ڕەزی خراپەکار هەڵدەگرنەوە.
٧ بە ڕووتی بەبێ جل سەر دەنێنەوە،
هیچ بەرگێکیان نییە لە سەرمادا.
٨ لەبەر نەبوونی پەناگا بە بارانی چیاکان تەڕ دەبن
و
خۆیان بە تاشەبەردەوە دەگرن.
٩ بەدکار هەتیو لە مەمکان دەڕفێنن،
منداڵی ساوای هەژار وەك بارمتە دەگرن.
١٠ نەدار بە ڕووتی دەڕۆن بەبێ جل،
بە برسێتی کۆڵەکان هەڵدەگرن.
١١ لەنێو کەڵەکی زەوییەکان زەیت دەگوشن،
بە پێیان گوشەرەکان دەپەستن و تینوو دەبن.
١٢ ئەوانەی لەناو شار لەناودەچن دەناڵێنن،
گیانی برینداران بۆ فریاکەوتن هاوار دەکەن،
بەڵام خودا هیچ کەس بە خراپەکاری تاوانبار
ناکات.

١٣ «ئەوانە کە لە ڕووناکی یاخین،
نە ڕێگاکانی دەزانن و
نە لە ڕێڕەوەکانی دەمێننەوە.
١٤ بکوژ لەگەڵ ڕووناکی هەڵدەستێت و
هەژار و نەدار دەکوژێت؛
بە شەویش بۆ دزی دەچێت.
١٥ چاوی داوێنپیسیش تێبینی تاریکوڕوونی دەکات؛
دەڵێت: ”هیچ چاوێك چاودێریم ناکات،“
ڕووپۆشێك لەسەر ڕووی دادەنێت.
١٦ لە تاریکیدا ماڵ دەبڕن،
لە ڕۆژیشدا دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن؛
ڕووناکی ناناسن.
١٧ تاریکی شەو بەیانییە لەلای ئەوان،
هاوڕێی تۆقێنەرەکانی تاریکین.

١٨ «لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە کەفن لەسەر ڕووی
ئاوەکان؛
بەشیان لە زەوی نەفرەت لێکراوە،
لەبەر ئەوە کەس ناچێتە ڕەزەکان.
١٩ وەك چۆن وشکەساڵی و گەرما ئاوی بەفر دەبات،

جیهانی مردووانیش گوناهباران دەڕفێنێت.
٢٠ سکی دایك لەبیریان دەکات و
کرم تامی دەمی پێیان خۆش دەکات؛
ئیتر یادی خراپەکار ناکرێتەوە و
وەك دار دەشکێت.
٢١ لەگەڵ نەزۆك کە منداڵی نەبووە بە خراپی
هەڵسوکەوت دەکەن،
هیچ چاکەیەك لەگەڵ بێوەژن ناکەن.
٢٢ بەڵام خودا بە هێزی خۆی پاڵەوانان دەگرێت؛
هەرچەندە هەڵدەستن بەڵام کەسیان لە ژیانی
خۆی دڵنیا نابێت.
٢٣ دەشێت بیانهێڵێت بە ئاسوودەیی بژین،
بەڵام چاوی لەسەر ڕێگاکانیانە.
٢٤ کەمێك پایەدار دەبن و ئیتر نامێنن؛
نزم دەبن و وەك هەمووان کۆدەکرێنەوە،
وەك سەری گوڵەگەنم دەبڕێنەوە.
٢٥ «ئەگەر وا نییە، کێ بە درۆم دەخاتەوە و
قسەکانم وەك هیچ لێ دەکات؟»

## وەڵامی سێیەمی بیلدەد

٢٥ بیلدەدی شوحیش وەڵامی دایەوە:
٢ «دەسەڵات و شکۆ لەلای
خودایە؛
ئەو بەرزاییەکانی ئاسمان بەرقەرار دەکات.
٣ ئایا هێزەکانی دەتوانرێت بژمێردرێن؟
ڕووناکییەکەی بەسەر کێدا هەڵنایەت؟
٤ ئیتر چۆن مرۆڤ لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست
دەبێت؟
لەدایکبوو لە ژن چۆن بێتاوان دەبێت؟
٥ ئەگەر لەبەرچاوی خودا تەنانەت مانگ ڕۆشن
نییە و
ئەستێرەکانیش بێگەرد نین،
٦ ئیتر چۆن مرۆڤ بێگەرد دەبێت کە مۆرانەیەکە،
ئادەمیزاد کە کرمێکە!»

## قسەی نۆیەمی ئەیوب

٢٦ ئەیوبیش وەڵامی دایەوە:
٢ «چۆن یارمەتی ئەوەت دا کە
هێزی نییە!
چۆن بازووی بێ توانات گرت و ڕزگار کرد!
٣ چۆن ڕاوێژت کرد بۆ ئەوەی دانایی نییە!
چۆن زانینی زۆرت دەرخست!
٤ بە یارمەتی کێ وتەکانت ڕاگەیاند و
ڕۆحی کێ لە زارتەوە قسەی کرد؟

٥ «تارماییەکان لە جیهانی مردوواندا
لە سامناکی خودا دەلەرزن.
٦ جیهانی مردووان لەبەردەم خودا ئاشکرایە،
شوێنی لەناوچوون[a] شاردراوە نییە.
٧ ئاسمانی باکوور بەسەر بۆشاییدا لێك دەکێشێت
و
زەوی لەسەر هیچ هەڵدەواسێت.
٨ ئاو لەناو هەورەکانی دەپێچێتەوە و
هەور لەژێری نادڕێت.
٩ ڕووی مانگی چواردە شەوە دەشارێتەوە،
هەوری خۆی بەسەردا بڵاو دەکاتەوە.
١٠ ئاسۆی لەسەر ڕووی ئاوەکان کێشاوە
وەك سنوور لەنێوان ڕووناکی و تاریکی.
١١ کۆڵەکەکانی ئاسمان دەلەرزن و
لە سەرزەنشتکردنەکەی دەتۆقن.
١٢ بە هێزی خۆی دەریا دەهەژێنێت و
بە تێگەیشتنی خۆی زەبر لە ڕەهەڤ[b]
دەوەشێنێت.
١٣ بە هەناسەی ئەو ئاسمان ساماڵە و
دەستی ئەو مارە هەڵاتووەکەی پێکا.
١٤ بێگومان ئەمانە شتە دەرەکییەکانی کارەکانی
ئەون.
هەواڵەکانی بە چرپە دێنە بەر گوێمان!

[a] ٦ لەناوچوون: عیبری: ئەبەدۆن. لە پەیمانی نوێ، ئەم وشەیە بە واتای (لەناوبەر) هاتووە، بڕوانە ئاشکراکردن ٩:١١.
[b] ١٢ هێمایە بۆ میسر.

ئیتر کێ لە هەورەتریشقەی هێزی تێدەگات؟»

٢٧ ئەیوب دیسان بە هەمان شێوە قسەی کردەوە و گوتی:

٢ «بە گیانی خودا کە مافی خۆمی لێم داماڵیوە،
سوێند بە تواناداره‌کە کە ناخی منی تاڵکردووە،
٣ هەتا ئەو کاتەی کە ژیانم لەبەر بێت،
هەناسەی خودا لە لووتمدا بێت،
٤ لێوەکانم بە خراپە نادوێن و
زمانم بە فێڵ ناگەڕێت.
٥ لە من بەدوور بێت بڵێم کە ڕاستییەکەی لای ئێوەیە،
هەتا ئەو کاتەی ژیان بەدەستەوە دەدەم
دروستی لە خۆم دانابڕم.
٦ دەستم بە ڕاستودروستی خۆمەوە گرتووە و شلی ناکەم،
بە درێژایی ژیانم ویژدانم سەرزەنشتم ناکات.

٧ «با دوژمنم وەک بەدکار بێت و
بەرهەڵستکارم وەک زۆردار بێت.
٨ چونکە خوانەناس کە دەبڕدرێتەوە چ هیوایەکی هەیە،
کاتێک خودا ژیانی دەڕفێنێت؟
٩ ئایا خودا گوێی لە هاواری دەبێت
کە تەنگانەی بەسەردا دێت؟
١٠ یان ئایا بە تواناداره‌کە دڵخۆش دەبێت؟
ئایا هەموو کاتێک داوا لە خودا دەکات؟

١١ «من توانای خوداتان پێ دەناسێنم؛
کارەکانی تواناداره‌کە لە ئێوە ناشارمەوە.
١٢ ئەوەتا ئێوە هەمووتان بینیتان،
ئیتر بۆچی بە پووچی دەدوێن؟

١٣ «ئەمە بەشی کەسی بەدکارە لەلایەن خوداوە،
میراتی ستەمکارە کە لە تواناداره‌کەوە وەریدەگرن.
١٤ ئەگەر کوڕانی زۆر بوون ئەوا بۆ شمشێرن و
نەوەکەشی تێر نان نابن.
١٥ دەرد پاشماوەکەی دەخاتە ناو گۆڕ و
بێوەژنەکانیان ناگرین.
١٦ ئەگەر زیو وەک خۆڵ و
جلوبەرگ وەک قوڕ کەڵەکە بکات،
١٧ ئەوەی ئامادەی دەکات ڕاستودروست لەبەری دەکات،
بێتاوان زیوەکەی دابەش دەکات.
١٨ وەک قۆزاخەی مۆرانە ماڵەکەی خۆی بنیاد دەنێت و
وەک کەپرێک چاودێر دروستی بکات.
١٩ بە دەوڵەمەندی ڕادەکشێت، بەڵام جارێکی دیکە نایکات؛
کە چاوی دەکاتەوە هیچی نەماوە.
٢٠ کارەساتەکان وەک لافاو پێی دەگەن،
ڕەشەبایەک بە شەو دەیڕفێنێت.
٢١ بای ڕۆژهەڵات هەڵیدەگرێت و دەڕوات،
لە شوێنی خۆی ڕایدەماڵێت.
٢٢ لەبەردەم با بەهێزەکە هەڵدێت،
بایەکەش بەبێ بەزەیی لێی دەدات.
٢٣ بە گاڵتەپێکردنەوە چەپڵەی بۆ لێدەدات،
بە فیکەلێدان لە جێی خۆیەوە دەریدەکات.»

## دانایی لەکوێ دەدۆزرێتەوە؟

٢٨ زیو کانی هەیە و
بۆ زێڕیش شوێنێک هەیە بۆ پاڵاوتنی.
٢ ئاسن لە خۆڵ دەردەهێنرێت،
مسیش لە توانەوەی بەرد.
٣ مرۆڤ کۆتایی بە تاریکی دەهێنێت؛
لەناو تاریکی سێبەری مەرگ
بۆ بەردی کانزایی دوورترین کون و کەلەبەرەکان دەپشکنن.
٤ کانێکی لێدا دوور لە خەڵکی،
لە شوێنێکی لەبیرکراو لەلایەن ڕێبوارانەوە؛
شۆڕ کرانەوە و دوور لە خەڵکی جۆلانەیان پێکرا.
٥ زەوی ئەوەی کە نانی لێوە دەردەهێنرێت،

لە ژێرەوە دەگۆڕدرێت بە چەشنی ئاگر؛
٦ بەردەکانی یاقووتی شینی[a] تێدایە و
لە خۆڵەکەیدا زێڕ هەیە.
٧ ڕێگایەك کە مەلە گۆشتخۆرەکان پێی نازانن و
چاوی هەڵۆ نایبینێت.
٨ ئاژەڵە دڕندەکان پێیدا نەڕۆیشتوون،
شێر پێیدا تێنەپەڕیوە.
٩ مرۆڤ دەستدرێژی دەکاتە سەر بەرد،
بنکەی چیاکان دەردەخات.
١٠ لە تاشەبەردەکان تونێل دەکات؛
چاوەکانی هەموو شتێکی گرانبەها دەبینێت.
١١ ئاودزی ڕووبارەکان دەپشکنێت و
ئەوەی شاراوەیە دەیخاتە بەر ڕووناکی.

١٢ بەڵام دانایی لەکوێ دەدۆزرێتەوە و
تێگەیشتن لەکوێ نیشتەجێیە؟
١٣ مرۆڤ نرخەکەی نازانێت و
لە خاکی زیندووواندا نادۆزرێتەوە.
١٤ قووڵایی ژێر زەوی[b] دەڵێت: «لەناو مندا نییە،»
دەریا دەڵێت: «لەلای من نییە.»
١٥ دانایی نە زێڕی بێگەرد لە جیاتی دەدرێت و
نە بە زیویش نرخەکەی دەکێشرێت.
١٦ نە بە زێڕی ئۆفیر و نە بە بەردی عاشقبەندی گرانبەها و
نە بە یاقووتی شین دەکێشرێت.
١٧ نە زێڕ و نە بلور هاوتایەتی،
نە بە دەفرێکی زێڕی بێگەرد دەگۆڕدرێتەوە.
١٨ لە پاڵ ئەودا نە مەرجان و نە یەشب باسیان ناکرێت و
نرخی دانایی لە یاقووت بەهادارترە.
١٩ یاقووتی زەردی کوش هاوتای نابێت و
بە زێڕی بێگەرد ناکێشرێت.

٢٠ ئیتر دانایی لەکوێ دەدۆزرێتەوە و
تێگەیشتن لەکوێ نیشتەجێیە؟
٢١ لەبەرچاوی هەموو زیندووێك شاراوەیە و
لەبەرچاوی باڵندەکانی ئاسمان داپۆشراوە.
٢٢ لەناوچوون و مردن دەڵێن:
«بە گوێی خۆمان هەواڵی ئەومان بیست.»
٢٣ خودا ڕێگاکەی تێدەگات و
ئەو شوێنەکەی پێ دەزانێت.
٢٤ چونکە ئەو تەماشای ئەوپەڕی زەوی دەکات و
هەموو ژێر ئاسمان دەبینێت.
٢٥ کاتێك کێشی بۆ با دروستکرد و
ئاوەکانی بە پێوانە پێوا،
٢٦ کاتێك بۆ باران یاسای دانا و
بۆ دەنگی هەورەتریشقەش ڕێگا،
٢٧ ئەو کاتە دانایی بینی و باسی کرد،
ئامادەی کرد و هەروەها تاقی کرد.
٢٨ بە مرۆڤی فەرموو:
«بێگومان دانایی لە لەخواترسییەوەیە و
لە خراپە لادانیش لە تێگەیشتنەوەیە.»

## بەرگری کۆتایی ئەیوب

٢٩ ئەیوب سەرلەنوێ دەستی بە قسە کردەوە و گوتی:

٢ «خۆزگەم بە مانگەکانی ڕابردوو،
بەو ڕۆژانەی کە خودا منی پاراست،
٣ کاتێك چراکەی خۆی لە سەرم هەڵکرد و
بە ڕووناکی ئەو بەناو تاریکیدا دەڕۆیشتم!
٤ خۆزگە بەو ڕۆژانەی کە لە هەڕەتی هێز و توانادا بووم،
هاوڕێیەتییە گیانی بەگیانییەکەم لەگەڵ خودا
چادرەکەی منی بەرەکەتدار کردبوو،
٥ خودای هەرە بە توانا هێشتا لەگەڵم بوو و
منداڵەکانیشم لە چواردەورم بوون،
٦ کاتێك پێیەکانم بە شیر دەشوشت،
تاشەبەردیش جۆگەکانی زەیتی بۆ
هەڵدەقوڵاندم.

[a] ٦ یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.

[b] ١٤ بەپێی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کۆن (قووڵایی ژێر زەوی) هەبوو کە سەرچاوەی کانیاو و ڕووبارەکان بوو. بڕوانە پەیدابوون ١١:٧.

٧ «کاتێك بۆ لای دەروازەی شارەکە دەچووم و
لە گۆڕەپانەکەدا دیوەخانی خۆم ئامادە دەکرد،
٨ گەنجەکان کە منیان بینی خۆیان دەشاردەوە،
پیرانیش لەبەرم هەڵدەستان و ڕادەوەستان؛
٩ پیاوە گەورەکان نەیاندەویست قسە بکەن،
دەستیان دەخستە سەر دەمی خۆیان؛
١٠ پیاوماقوڵان دەنگیان لێ دەبڕا و
زمانیان بە مەڵاشوویانەوە دەنووسا.
١١ ئەوەی گوێی لێم دەبوو ستایشی دەکردم،
ئەو چاوەی کە دەیبینی شایەتی بۆ دەدام،
١٢ چونکە ئەو هەژارانەی کە هاواریان بۆ دەهێنام و
ئەو هەتیوانەی کە بێکەس بوون ڕزگارم
دەکردن.
١٣ ئەوانەی لە سەرەمەرگدا بوون بەرەکەتیان
دەدامێ و
دڵی بێوەژنم دەهێنایە قریوە.
١٤ ڕاستودروستیم لەبەرکرد و پۆشیم؛
دادپەروەری وەك کەوا و مێزەرەکەم بوو.
١٥ بووم بە چاو بۆ نابینایان و
بە قاچ بۆ شەلان.
١٦ من بۆ نەداران باوکێك دەبووم و
بەرگریم لە کەسێك دەکرد کە پێی ئاشنا
نەبووم.
١٧ کەڵبەی ستەمکارم وردوخاش دەکرد و
لەنێو ددانەکانی نێچیرم دەرفاند.

١٨ «جا گوتم: ”لەناو لانەکەی خۆم ڕۆح بەدەستەوە
دەدەم و
وەك لم ڕۆژگارم زۆر دەبێت.
١٩ ڕەگم بەرەو ئاوەکان درێژ دەبێتەوە،
بە درێژایی شەو شەونم بەسەر چڵەکانمەوە
دەبێت.
٢٠ شکۆمەندیم بە هەمیشەیی لەگەڵم دەبێت،
کەوانەکەم لە دەستم نوێ دەبێتەوە.“

٢١ «گوێیان لە من دەگرت و چاوەڕێیان دەکرد
لە کاتی ڕاوێژکردنم گوێیان بۆم شل دەکرد.
٢٢ لەدوای قسەکانم هیچیان لە دەم نەدەهاتە
دەرەوە؛
قسەکانم دڵۆپەی بەسەریاندا کرد.
٢٣ چاوەڕێیان دەکردم وەك چاوەڕێی نمە باران
بکەن و
دەمیان دەکردەوە وەك بۆ بارانی بەهار.
٢٤ کاتێك لەگەڵیان ڕووخۆش دەبووم، باوەڕیان
نەدەکرد؛
کاتێك ڕازامەندیم پیشان دەدا، چاوەڕێ
ئەوەیان نەدەکرد.
٢٥ ڕێگام بۆیان هەڵدەبژارد و وەك سەرۆك
دادەنیشتم؛
وەك پاشایەك لەناو سوپا نیشتەجێ دەبووم،
وەك ئەوەی دڵنەوایی شیوەنگێڕان دەداتەوە.

٣٠ «بەڵام ئێستا ئەوانەی لە من منداڵترن
گاڵتەم پێ دەکەن،
ئەوانەی بێزم نەدەهات باوکیان
لەگەڵ سەگەکانی ناو ڕانەکەم دابنێم.
٢ دەبێت هێزی دەستیان چ سوودێکی بۆ من
هەبێت؟
چونکە سست بوون و لە کەڵك کەوتوون.
٣ لە دەستکورتی و لە برسێتیدا لەڕ بوون؛
بە شەو بەناو زەوی وشکدا دەگەڕان،
کە وێران و کاول بوون.
٤ ئەوانەی وشترالووك و گەڵایان لە دەوەنەکانەوە
دەهێنا،
ڕەگی دار گەز[a] خۆراکیان بوو.
٥ لەنێو کۆمەڵەی خەڵك دەردەکران،
هاواریان بەسەردا دەکردن وەك بەسەر دزدا
هاوار بکەن.
٦ لەناو دۆڵە وشکەکان نیشتەجێ بوون،
لە ئەشکەوت و لەناو تاشەبەردەکان.
٧ لەنێو دەوەنەکان زەڕین و
لەژێر گەزگەزەکان خۆیان مات کرد.

[a] ٤ دارێکی گەڵا وردی لق باریکە، لقەکانی بۆ گسك بەکاردێت.

٨ نەوەی گێلی، هەروەها نەوەی ئەوانەی بێ ناو
بوون،
لە خاکەکە تێهەڵدراون.

٩ «بەڵام ئێستا ئەوان بە بەندی گۆرانی هەجووم
دەکەن؛
پەندم بەسەردا دەڵێن.
١٠ قێزم لێ دەکەنەوە، دوورەپەرێزیم لێ دەگرن؛
لە تفەکانیان ڕووی من ناپارێزن.
١١ چونکە خودا پەتی کەوانەکەی منی بەرداوە و
منی چەماندووەتەوە،
جڵەوی لغاوەکەم بەدەستیانەوەیە،
١٢ لەلای ڕاستم گەنجە لاسارەکان هێرش دەکەنە
سەرم،
پاشقولم لێ دەگرن و سەنگەر لە دژی من لێ
دەدەن.
١٣ ڕێگاکانم لێ تێکدەدەن،
بۆ ژێرکەوتنم هاوکاری یەکتر دەکەن،
کەس نییە پشتگیری من بکات.
١٤ ئەوان دێن هەروەك لە کەلێنێکی فراوانەوە بێن،
لەژێر وێرانیەوە خلۆر دەبنەوە.
١٥ نەهامەتی بەسەرمدا وەرگەڕا،
هەروەکو با ڕێزی منی برد،
ئاسوودەییم وەك هەور تێپەڕی.

١٦ «بە هێواشی ژیانم بەرە و کۆتایی دەچێت،
کەوتمە ڕۆژانی زەلیلییەوە.
١٧ شەوگار ئێسکەکانم لەناومدا کلۆر دەکات،
ئازارەکانم پشوو نادەن.
١٨ خودا بە زۆری هێزەکەی منی بە جلەکانم گرت و
شێوەی گۆڕیم،
وەك لە یەخەی کراسەکەمەوە منی پێچایەوە.
١٩ فڕێیدامە ناو قوڕەوە،
ڕەنگی خۆڵ و خۆڵەمێشم لێ نیشت.

٢٠ «ئەی خودا هاوارت بۆ دەهێنم و وەڵامم
نادەیتەوە؛
ڕادەوەستم و ئاوڕم لێ نادەیتەوە.
٢١ لەگەڵ مندا توند دەجوڵێیتەوە،
بە توانای دەستەکانت دژایەتیم دەکەیت.
٢٢ دەمڕفێنیت و دەمدەیتە دەست ڕەشەبا؛
فڕێمدەدەیتە ناو زریانەوە.
٢٣ چونکە دەزانم بۆ مردن دەمگەڕێنیتەوە،
بۆماڵی چاوەڕوانکراوی هەموو زیندوویێك.

٢٤ «بێگومان کەس دەستدرێژی ناکاتە سەر
مرۆڤێکی تێکشکاو،
کاتێك لە تەنگانەیدا هاوار دەکات.
٢٥ ئایا بۆ لێقەوماوان نەگریام؟
ئایا بۆ نەدار گیانم خەمبار نەبوو؟
٢٦ لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئاواتەخوازی چاکە بووم،
خراپە هات؛
چاوەڕوانی ڕووناکی بووم، تاریکی هات.
٢٧ هەناوم گڕی گرتووە و ناوەستێت،
ڕۆژانی زەلیلی بەرەوپیرم دێن.
٢٨ ڕەش هەڵگەڕام بەڵام بەبێ خۆر؛
لەناو کۆمەڵ هەستام هاوارم کرد.
٢٩ بووم بە برای چەقەڵەکان و
هاوڕێی کوندەپەپووەکان.
٣٠ پێستم ڕەش و هەڵوەری لەبەرم،
لەشم لەبەر تایەکی توند دەسووتێت.
٣١ قیسارەکەم بۆ لاوانەوەیە و
شمشاڵەکەم بۆ دەنگی گریاوەکانە.

## ٣١

«پەیمانم لەگەڵ چاوەکانم بەست،
ئیتر چۆن تەماشای پاکیزەیەك بکەم؟
٢ چونکە بەشی ئێمە لە خودا لە سەرەوە چییە،
چ میراتێکمان هەیە لە توانادارەکەی ئاسمان؟
٣ ئایا کارەسات بۆ بەدکار و
بەڵا بۆ خراپەکار نییە؟
٤ ئایا ئەو تەماشای ڕێگای من ناکات و
هەموو هەنگاوەکانم ناژمێرێت؟

٥ «ئەگەر لەگەڵ درۆ ملی ڕێم گرتبێتەبەر
یان پێیەکانم پەلەیان کردبێت بەرەو فێڵ،
٦ با خودا لە تەرازووی ڕاستودروستیدا بمکێشێت و

با بێ کەموکوڕییەکەم بزانێت.
٧ ئەگەر هەنگاوەکانم لە ڕێچکە لایانداوە،
ئەگەر دڵم بەدوای چاوم کەوتووە،
یان ئەگەر کردەوەکانم دەستەکانی منیان گڵاو
کردووە،
٨ ئەوا ئەوەی من چاندم با کەسانی دیکە بیخۆن،
با لقەکانم ڕیشەکێش بکرێن.

٩ «ئەگەر دڵم بەلای ژنێکدا فریوی خواردووە،
یان لە بەردەرگای دراوسێکەم بۆسەم داناوە،
١٠ با ژنەکەم دانەوێڵەی پیاوێکی دیکە بهاڕێت و
با خەڵکانی دیکە بەسەریدا بچەمێنەوە.
١١ چونکە ئەمە بێ ناموسییە،
تاوانە و پێویستە دادگایی بکرێت.
١٢ چونکە ئاگرێکە هەتا لەناوچوون[a] دەخوات و
هەموو دروێنەکەم ڕیشەکێش دەکات.

١٣ «ئەگەر مافی خزمەتکار و کارەکەرەکەم ڕەت
کردووەتەوە
کاتێک لە دژی من سکاڵایان کردووە،
١٤ ئەو کاتە چی بکەم لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەم
لەگەڵ خودا؟
ئەگەر لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکرێت بە چی
وەڵامی بدەمەوە؟
١٥ ئایا دروستکەری من لە سکدا دروستکەری
ئەوانیش نییە؟
ئایا شێوەکێشمان لە سکی دایک یەک نییە؟

١٦ «ئەگەر هەژارانم لە مرازی خۆیان قەدەغە
کردبێت
یان چاوی بێوەژنم فەوتاندبێت،
١٧ یان پارووەکەی خۆم بە تەنها خواردبێت،
کە هەتیو لێی نەخواردبێت،
١٨ بەڵکو لە گەنجیمەوە وەک باوک بە هەتیوی
بەخێوم کردووە و
لە سکی دایکمەوە ڕێنمایی بێوەژنم کردووە.
١٩ ئەگەر فەوتاوێکم بینیبێت لەبەر نەبوونی جل
یان نەدارێکی بێ بەرگ،
٢٠ کە بە کەوڵی مەڕەکەم خۆیان گەرم
نەکردووەتەوە
ئیتر لە دڵیانەوە داوای بەرەکەتیان بۆ
نەکردووم،
٢١ ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ کاربەدەستانم
بەکارهێناوە
بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەمە سەر هەتیو،
٢٢ با شانم لە ئەستۆم بەربێتەوە و
با قۆڵم لە جومگەکەیەوە بشکێت.
٢٣ چونکە کارەسات لە خوداوە بەلامەوە تۆقێنەرە و
لە ترسی شکۆیەکەی نەمتوانی شتی وا بکەم.

٢٤ «ئەگەر پشتم بە زێڕی خۆم بەستووە و
ئەگەر بە زێڕی بێگەردم گوت: ”تۆ پاڵپشتی
منی،“
٢٥ ئەگەر دڵخۆش بووم کە سامانەکەم زۆر بوو و
لەبەر ئەوەی زۆریان بەدەستهێناوە،
٢٦ ئەگەر تەماشای ڕووناکی خۆرم کردووە کاتێک
درەوشاوەتەوە،
یان مانگ کاتێک بە جوانییەوە دەڕوات
٢٧ تاوەکو دڵم بە نهێنی فریودراو و
دەستم دەمی داپۆشی،[b]
٢٨ ئەوا ئەمانەش تاوان دەبن و دەدرێن بە دادگا،
چونکە ئەگەر شتی وام بکردایە ناپاک دەبووم
بەرامبەر بە خودا لە سەرەوە.

٢٩ «ئەگەر بە بەڵای ناحەزەکەم دڵخۆش بووم
یان بزەم گرت کە تووشی خراپە بوو،
٣٠ بەڵکو نەمهێشت مەڵاشووم گوناه بکات
بەوەی کە بە نەفرەتەوە داوای ژیانی ئەو
بکات؛
٣١ ئەگەر کەسانی ناو چادرەکەم هەرگیز
نەیانگوتایە،
”کێ یەکێک دەهێنێت لە خواردنەکەی ئەیوب
تێری نەخواردبێت؟“

[a] ١٢ بڕوانە ٢٦:٦.

[b] ٢٧ مەبەست لە پەرستنی خۆر و مانگ.

٣٢ ئاوارەیەك لە دەرەوە شەوی بەسەرنەبرد،
دەرگای ماڵەکەم بۆ ڕێبوار کردەوە.
٣٣ ئەگەر وەك خەڵکی دیکە یاخیبوونی خۆم
داپۆشیوە،
بە شاردنەوەی تاوانەکانم لە باوەشی خۆم،
٣٤ بەهۆی ئەوەی لە قسەی خەڵك ترساوم،
لە سووکایەتی پێکردنی خێڵەکان تۆقیوم،
لەبەر ئەوەیە کە بێدەنگم و لە ماڵەوە
دانیشتووم.

٣٥ «خۆزگە یەکێك دەبوو گوێی لێم دەگرت!
ئەوەتا مۆری من، با خودای هەرە بە توانا
وەڵامم پێ بداتەوە؛
ئەوەی سکاڵا لە من دەکات با سکاڵانامەکەی
پێشکەش بکات.
٣٦ بێگومان لەسەر شانم هەڵمدەگرت،
دەمبەست وەك تاج بەسەرمەوە.
٣٧ ژمارەی هەنگاوەکانی خۆم پێی دەگوت،
پێشکەشیشم دەکرد وەك بۆ فەرمانڕەوایەك.

٣٨ «ئەگەر زەوییەکەم هاواری کردووە لە دژی من و
هەموو هێڵی جووتەکانی بە فرمێسك تەڕ
دەبێت،
٣٩ ئەگەر بەروبوومەکەی ئەوم بەبێ پارە خواردووە
یان گیانی کرێچییەکانیم کوژاندووەتەوە،
٤٠ با لە جێی گەنم دڕك بڕووێت و
لە جێی جۆ زیوان.»

وشەکانی ئەیوب تەواو بوون.

### ئەلیهو

٣٢ ئیتر ئەو سێ پیاوە لە وەڵامدانەوەی
ئەیوب وازیان هێنا، چونکە ئەو خۆی بە
ڕاست دەزانی. ٢ بەڵام ئەلیهوی کوڕی بەرەخێلی
بووزی لە هۆزی ڕام لە ئەیوب تووڕە بوو. تووڕەیی
جۆشا، چونکە ئەیوب خۆی بە بێتاوان دادەنا و
گلەیی لە خودا دەکرد. ٣ لە سێ هاوڕێکەشی تووڕە
بوو چونکە لەگەڵ ئەوەی نەیاندەتوانی بە هیچ
شێوەیەك بەرپەرچی ئەیوب بدەنەوە، ئەیوبیان
تاوانبار کرد. ٤ ئەلیهوش لەسەر ئەیوب ئارامی گرت،
چونکە ئەوان لەو بە تەمەنتر بوون. ٥ کاتێك ئەلیهو
بینی هیچ وەڵامێك لە دەمی ئەو سێ پیاوەدا نییە،
تووڕە بوو.
٦ ئیتر ئەلیهوی کوڕی بەرەخێلی بووزی وەڵامی
دایەوە:

«من تەمەنم کەمە و
ئێوەش پیرن؛
لەبەر ئەوە نەوێرام و ترسام
بیروڕای خۆمتان پێ بڵێم.
٧ گوتم: ”با تەمەن قسە بکات و
با زۆری ساڵان دانایی ڕابگەیەنن.“
٨ بەڵام ڕۆحی مرۆڤ هەناسەی خودای هەرە بە
توانایە،
ئەوە کە تێگەیشتن بە مرۆڤ دەبەخشێت.
٩ تەنها ئەوانەی تەمەن درێژن دانا نین و
تەنها پیران نین کە دادوەری تێدەگەن.

١٠ «لەبەر ئەوە دەڵێم: گوێم لێ بگرن؛
منیش بیروڕای خۆم ڕادەگەیەنم.
١١ ئەوەتا من ئارامم گرت لەسەر قسەکانتان،
گوێم شل کرد بۆ بەهانەکانتان؛
هەتا قسەکانتان تاقی کردەوە
١٢ لێتان وردبوومەوە.
بەڵام کەستان بەڵگەتان لە دژی بەهانەی ئەیوب
نەهێنایەوە و
وەڵامی بەهانەکانی ئەوتان نەدایەوە.
١٣ لەبەر ئەوە مەڵێن: ”داناییمان دۆزییەوە؛
با خودا بەرپەرچی ئەیوب بداتەوە، نەك
مرۆڤ.“
١٤ ئەیوب قسەکانی ئاراستەی من نەکردووە و
منیش بە قسەکانی ئێوە وەڵامی نادەمەوە.

١٥ «واقیان وڕماوە و هیچ وەڵامیش نادەنەوە؛
قسەیان لێ داماڵرا.
١٦ ئێستا کە بێدەنگن، ئایا دەبێت چاوەڕێ بکەم،

که لەوێ ڕادەوەستن بەبێ وەڵام؟
١٧ ئێستا منیش بەشی خۆم وەڵام دەدەمەوە؛
منیش بیروڕای خۆم ڕادەگەیەنم.
١٨ چونکە پڕم لە قسەکردن و
ڕۆحی ناخم تەنگاوم دەکات؛
١٩ ئەوەتا ناخم وەك شەرابێکە سەرەکەی
نەکرابێتەوە،
وەك مەشکەیەکی نوێیە خەریکە بدڕێت.
٢٠ قسە دەکەم با ئاهێکم بەبەردا بێتەوە؛
لێوەکانم دەکەمەوە و وەڵام دەدەمەوە.
٢١ لایەنگری کەس ناکەم و
مەرایی هیچ کەسێکیش ناکەم؛
٢٢ چونکە زمانلووسی نازانم
جارێ دروستکەرەکەم نامبات.

٣٣ «بەڵام ئەی ئەیوب، ئێستا گوێ لە
قسەکانم بگرە!
گوێ شل بکە بۆ هەموو وشەکانم.
٢ ئەوەتا من دەمم کردەوە؛
قسەکانم لەسەر زمانی منن.
٣ قسەکانم لە دڵی پاکمەوەن؛
زمانیشم بە دڵسۆزییەوە ئەوە دەردەبڕێت کە
دەیزانم.
٤ ڕۆحی خودا دروستی کردم،
هەناسەی توانادارەکە ژیانی پێ بەخشیم.
٥ ئەگەر دەتوانیت، وەڵامم بدەوە و
هەستە سەرپێ و کێشەکەت بخەرە بەردەمم.
٦ لەبەرچاوی خودا منیش هەروەکو تۆم،
لە قوڕ دروستکراوم.
٧ ناشێت شەوکەتم بتترسێنێت و
زۆرکردنم لێت بارت گران بکات.

٨ «تۆ لەبەردەمم گوتت،
من بە وردی گوێم لێت بوو،
٩ گوتت: ”من بێتاوانم بەبێ یاخیبوون،
بێگەردم و تاوانم نییە.
١٠ لەگەڵ ئەوەشدا خودا دەگەڕێت هەڵەم لێ
بدۆزێتەوە و
بە دوژمنی خۆی دامدەنێت.
١١ پێیەکانمی لەناو کۆت داناوە؛
چاودێری هەموو ڕێگاکانم دەکات.“

١٢ «بەڵام پێتان دەڵێم، لەمەدا ڕاست ناکەیت،
چونکە خودا لە مرۆڤ مەزنترە.
١٣ بۆچی سکاڵای لێ دەکەیت:
”وەڵامی هیچ کام لە وشەکانی مرۆڤ
ناداتەوە؟“
١٤ چونکە بە ڕاستی خودا هەرجارەو بە ڕێگایەك
دەدوێت،
کەس ڕامانی ئەوە ناکات.
١٥ لە خەون، لە خەون بینینی شەودا،
کاتێك هەموو خەڵك خەوی قورسیان
لێدەکەوێت
لە کاتی خەواڵووبوون لەناو جێگا،
١٦ ئەو کاتە گوێی خەڵك دەکاتەوە و
بە ئاگادارکردنەوەکانی دەیانتۆقێنێت،
١٧ تاکو لە خراپەکردن بیانگەڕێنێتەوە و
لە لووتبەرزیش بیانپارێزێت،
١٨ هەتا لە کەوتنە ناو گۆڕ ڕزگاریان بکات،
ژیانیشیان لە لەناوچوون بە شمشێر.

١٩ «یان ئەگەر کەسێکی هەبێت لەناو جێگاکەی بە
ئازار تەمبێ بکرێت و
ململانێی ئێسکەکانیشی بەردەوامە،
٢٠ ئەو کاتە گیانی ڕقی لە نان دەبێتەوە و
نەوسیشی لە خواردنی خۆش.
٢١ گۆشتیان وا دەفەوتێت کە ئیتر نەبینرێت،
ئێسکەکانیشیان کە شاردرابوونەوە ئێستا دیارن.
٢٢ گیانیان لە گۆڕ نزیك دەبنەوە،
ژیانیشیان لە فریشتەی مەرگ.
٢٣ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەلایان نێردراوێك
هەبێت،
پەیوەندی ڕێکخەرێك، یەك لە هەزار

تاکو ڕاستودروستی بە مرۆڤ بناسێنێت،
٢٤ لەگەڵ ئەو کەسە میهرەبان دەبێت و بە خودا
دەڵێت:
"بیانگەڕێنەوە با نەکەونە گۆڕ؛
کڕینەوەی ژیانی ئەوانم بۆ دۆزینەوە.
٢٥ با گۆشتیان لە گۆشتی منداڵ ناسکتر بێت؛
با ڕۆژانی گەنجێتییان بگەڕێتەوە."
٢٦ ئەو کاتە ئەوانە داوا لە خودا دەکەن و لێیان
ڕازی دەبێت،
بە هاواری خۆشییەوە ڕووی خودا دەبینن،
ئەویش پاداشتی ڕاستودروستی مرۆڤ
دەداتەوە.
٢٧ دەچن بۆ لای کەسانی دیکە و دەڵێن:
"گوناهم کرد و ڕاستیم خواروخێچ کرد و
بەڵام سزا نەدرام لەسەری.
٢٨ خودا منی کڕییەوە لە جیهانی مردووان،
ئیتر ژیانم ڕووناکی دەبینێت."

٢٩ «خودا هەموو ئەمانە دەکات،
دوو جار و سێ جار لەگەڵ مرۆڤ،
٣٠ بۆ ئەوەی بیانگەڕێنەوە لە کەوتنی ناو گۆڕ و
تاوەکو بە ڕووناکی زیندووان ڕووناك بێتەوە.

٣١ «جا گوێ شل بکە و گوێم لێ بگرە ئەیوب!
بێدەنگ بە من قسە دەکەم.
٣٢ ئەگەر قسەت لەلایە وەڵامم بدەوە،
قسە بکە! چونکە دەمەوێت ئەستۆ پاکت
بکەم.
٣٣ ئەگەر نا، تۆ گوێم لێ بگرە؛
بێدەنگ بە فێری داناییت دەکەم.»

٣٤ ئیتر ئەلیهو گوتی:

٢ «گوێ لە قسەکانم بگرن دانایان،
گوێم بۆ شل بکەن، ئەی ئەوانەی دەزانن.
٣ چونکە گوێ قسە تاقی دەکاتەوە
وەك چۆن مەڵاشوو خواردن تام دەکات.
٤ با بۆ خۆمان دادگەری تاقی بکەینەوە و
لەنێو خۆمان بزانین چی باشە.

٥ «چونکە ئەیوب گوتی: "من ڕاستودروست بووم،
بەڵام خودا مافی منی داماڵی.
٦ لە کاتی دادگاییم
بە درۆ دەخرێمەوە و
برینەکەم سارێژ نابێت
لەگەڵ ئەوەی بێ یاخیبوونم."
٧ چ پیاوێك وەك ئەیوبە؟
سووکایەتیکردن وەك ئاو دەخواتەوە و
٨ پێکەوە لەگەڵ بەدکاران ملی ڕێ دەگرێت و
لەگەڵ خراپەکاران دەڕوات؟
٩ چونکە گوتی: "سوودی نییە بۆ مرۆڤ
جێی ڕەزامەندی بێت لەلای خودا."

١٠ «لەبەر ئەوە گوێم لێ بگرن، ئەی تێگەیشتووان.
خراپە لە یەزدان بە دوورە و
ستەمیش لە خودای هەرە بە توانا،
١١ چونکە مرۆڤ بەگوێرەی کردەوەکانی پاداشت
دەداتەوە و
پیاویش بەپێی ڕێگاکەی تووش دەکات.
١٢ جا بە ڕاستی خودا خراپە ناکات،
تواناداره‌کەش دادپەروەری خوار ناکاتەوە.
١٣ کێ کردی بە لێپرسراو لەسەر زەوی و
کێ لەسەر هەموو جیهان داینا؟
١٤ ئەگەر بیخاتە دڵی خۆیەوە
ڕۆح و هەناسەی بۆ خۆی کۆبکاتەوە،
١٥ هەموو مرۆڤ پێکەوە ڕۆح بەدەستەوە دەدەن و
مرۆڤ بۆ خۆڵ دەگەڕێتەوە.

١٦ «ئەگەر تێگەیشتنت هەیە،
ئەمە ببیستە و بۆ دەنگی وشەکانم گوێ شل
بکە.
١٧ ئایا ئەوەی ڕقی لە دادپەروەرییە دەتوانێت
فەرمانڕەوایەتی بکات؟
یان ئەوەی ڕاستودروست و مەزنە تاوانباری
دەکەیت؟

[١٨] ئایا خودا نییە کە بە پاشا دەفەرموێت: ”ئەی هیچوپووچ!“
یان بە پیاوماقوڵان: ”ئەی خراپەکاران!“
[١٩] ئایا خودا نییە ئەوەی لایەنگری میران ناکات و
دەوڵەمەند لە هەژار بە زیاتر دانانێت،
چونکە هەمووان کاری دەستی ئەون؟
[٢٠] لەناکاو دەمرن، لە نیوەشەودا؛
گەل دەهەژێن و بەسەردەچن؛
بەهێزەکان دادەماڵرێن، بەڵام نەك بە دەستی مرۆڤ.

[٢١] «چونکە چاوەکانی لەسەر ڕێگاکانی مرۆڤە؛
ئەو هەموو هەنگاوەکانی دەبینێت.
[٢٢] نە تاریکی هەیە و نە سێبەری مەرگ،
کە بەدکاران دەتوانن خۆیانی تێدا بشارنەوە.
[٢٣] پێویست ناکات خودا زیاتر لێکۆڵینەوە لەگەڵ مرۆڤ بکات،
هەتا بێتە بەردەمی بۆ دادگاییکردن.
[٢٤] دلێران بەبێ پشکنین تێکدەشکێنێت و
خەڵکی دیکە لە جێیان دادەنێت.
[٢٥] لەبەر ئەوەی تێبینی کردەوەکانیان دەکات،
بە شەو سەرەوژێریان دەکات و وردوخاش دەبن.
[٢٦] لەبەر ئەوەی خراپەکارن
لەبەرچاوی بینەران سزایان دەدات،
[٢٧] چونکە لەدوای ئەو لایاندا و
لە هیچ یەکێك لە ڕێگاکانی ئەو وردنەبوونەوە،
[٢٨] بەم جۆرەیان کرد هاواری هەژار پێی بگات،
بەم شێوەیە گوێی لە قیژەی زەلیلان بوو.
[٢٩] بەڵام ئەگەر بێدەنگ بێت،
کێ هەیە تاوانباری بکات؟
ئەگەر ڕووی خۆی بشارێتەوە، کێ دەیبینێت؟
لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوایەتی نەتەوە و تاکە کەسیش دەکات
[٣٠] بۆ ئەوەی خوانەناس پاشایەتی نەکات و
نەبێت بە تەڵە بۆ گەل.

[٣١] «ئەگەر بە خودا بگوترێت:
”من تاوانبارم بەڵام ئیتر گەندەڵی ناکەم،
[٣٢] ئەوەی نەمبینیوە تۆ پیشانی منی بدە،
ئەگەر خراپەم کردووە، چیتر نایکەمەوە؟“
[٣٣] ئایا دەبێت خودا بەگوێرەی ئەوەی تۆ پێت باشە پاداشتت[a] بداتەوە،
لە کاتێکدا کە تۆ ئامادە نیت تۆبە بکەیت؟
تۆ هەڵدەبژێریت نەك من،
ئەوەی دەیزانیت دەیڵێیت.

[٣٤] «تێگەیشتووان پێم دەڵێن،
ئەو پیاوە دانایانەی گوێیان لێمە دەڵێن:
[٣٥] ”ئەیوب بەبێ زانین قسە دەکات و
قسەکانی بەبێ وریاین.“
[٣٦] خۆزگە ئەیوب هەتاسەر تاقی دەکرایەوە
لەبەر وەڵامەکانی وەك بەدکاران!
[٣٧] چونکە یاخیبوونی بۆ سەر گوناهەکەی زیاد کرد؛
بە گاڵتەپێکردنەوە چەپڵە لێدەدات و
زیادەڕۆیی لەسەر خودا دەکات.»

## ٣٥

ئەلیهوش بەردەوام بوو و گوتی:
[٢] «ئایا ئەمە بە ڕاست دادەنێیت؟
گوتت: ”ڕاستییەکەی لای منە، نەك لای خودا.“
[٣] لەگەڵ ئەوەشدا لێی دەپرسیت: ”چ سوودێکی بۆم هەیە،
قازانجی چیم کرد لە نەکردنی گوناه؟“

[٤] «من حەز دەکەم وەڵامی تۆ بدەمەوە،
وەڵامی تۆ و هاوڕێیەکانیشت دەدەمەوە.
[٥] تەماشای ئاسمان بکە و ببینە،
تێبینی هەورەکان بکە لە تۆ بەرزترن.
[٦] ئەگەر گوناهە بکەیت چیت لێکردووە و
ئەگەر یاخیبوونەکانت زۆر بکەیت چیت پێکردووە؟
[٧] ئەگەر ڕاستودروست بیت چیت پێیداوە،

[a] ٣٣ ئەم وشەیە لە زمانی عیبری بە هەردوو واتای پاداشت و سزا دێت.

یان چی لە دەستت وەردەگرێت؟
٨ خراپەکەت بۆ مرۆڤێك دەبێت کە وەك خۆتە و
ڕاستودروستیشت بۆ ئادەمیزادە.

٩ «خەڵك لەتاوی زۆرداری هاوار دەکەن،
لەبەر ستەمکاران هاواری فریاکەوتن دەکەن.
١٠ ناڵێن: ”کوا خودای بەدیهێنەرم،
ئەوەی لە شەودا زەبوور دەدات،
١١ ئەوەی فێرمان دەکات زیاتر لە ئاژەڵەکانی زەوی
و
لە باڵندەکانی ئاسمان داناترمان دەکات؟“
١٢ کاتێك خەڵك لە دەست لووتبەرزی خراپەکاران
هاوار دەکەن،
وەڵام ناداتەوە.
١٣ خودا گوێ لە داواکاری پووچیان ناگرێت،
توانادارەکە تەماشای ناکات.
١٤ ئیتر چۆن گوێ لە تۆ بگرێت
ئەگەر بڵێیت کە نایبینیت،
داواکارییەکەت لەبەردەمیەتی و
دەبێت چاوەڕێی ئەو بکەیت،
١٥ هەروەها تووڕەییەکەی هەرگیز سزا نادات و
گوێ نادات بە زۆری خراپەکاری.
١٦ بەم جۆرە ئەیوب لە هیچ دەمی کردووەتەوە و
بەبێ زانین قسەی زل دەکات.»

## ٣٦

دیسان ئەلیهو گوتی:
٢ «تۆزێك ئارامم لەگەڵ بگرە جا
پێتی نیشان دەدەم
کە هێشتا قسە هەیە لەبەر خودا بگوترێت.
٣ زانینم لە دوورەوە هەڵدەگرم و
ڕاستودروستی دەدەمە پاڵ دروستکەرەکەم.
٤ بەڕاستی قسەکانم درۆ نین،
ئەو کەسەی زانیاری تەواوە لەلای تۆیە.

٥ «خودا مەزنە و بە چاوی سووك تەماشای کەس
ناکات،
گەورەیە و ئامانجەکەی چەسپاوە.
٦ خراپەکار ناژیێنێت و
مافی زەلیلان دەدات.
٧ چاوەکانی لەسەر کەسی ڕاستودروست لا نادات،
بەڵکو لەگەڵ پاشایان لەسەر تەخت
دایاندەنیشێنێت و
هەتاسەر پایەداریان دەکات.
٨ ئەگەر بە زنجیر ببەسترێنەوە،
ئەگەر بە پەتی زەلیلی ببردرێن،
٩ کردەوە و یاخیبوونەکانی خۆیانیان بۆ
دەردەخات،
چونکە لووتبەرز بوون.
١٠ گوێیەکانیان بۆ ئاگادارکردنەوە دەکاتەوە و
فەرمانیان پێ دەکات لە خراپەکانیان تۆبە
بکەن.
١١ ئەگەر گوێ بگرن و بیپەرستن،
ڕۆژگاریان بە باشە و
ساڵانیان بە خۆشی بەسەردەبەن.
١٢ ئەگەر گوێش نەگرن،
بە شمشێر لەناودەچن و
بە نەزانی دەمرن.

١٣ «خوانەناسان تووڕەیی کۆدەکەنەوە،
هاواری فریاکەوتن ناکەن کە بیانبەستێتەوە.
١٤ لەنێو پیاوە لەشفرۆشەکانی نزرگەکان
لە گەنجییێتیدا دەمرن.
١٥ بەڵام فریای کڵۆڵ دەکەوێت لە زەلیلییەکەی و
لە کاتی تەنگانە گوێیان دەکاتەوە.

١٦ «هەروەها لە ڕووی تەنگانە پاڵت پێوە دەنێت
بەرەو شوێنێکی پانوبەرین و بێ بەربەست و
سەر خوانەکەت پڕ دەبێت لە خواردنی بەتام.
١٧ بەڵام ئێستا ئەو حوکمدانەی کە بۆ خراپەکارە
بەسەر تۆدا درا،
حوکمدان و دادپەروەری دەتگرن.
١٨ ئاگاداربە دەوڵەمەندی پەلکێشت نەکات،
زۆری بەرتیل بەڕەڵات ناکات.
١٩ ئایا دەوڵەمەندیت بۆ فریاکەوتن

لە تەنگانە دەتپارێزێت
یان هەموو ئەو کۆششکردنە لە تواناتدایە؟
٢٠ تامەزرۆی شەو مەبە،
هەتا خەڵك لە ماڵەکانیان ڕابکێشیت.
٢١ ئاگاداربە! ئاوڕ لە خراپە مەدەوە،
چونکە ئەمەت هەڵبژارد نەك زەلیلی.

٢٢ «خودا بە توانای خۆی پایەبەرزە.
کێ وەك ئەو مامۆستایە؟
٢٣ کێ ڕێگای ئەوی بەسەردا سەپاندووە؟
یان کێ پێی دەڵێت: "خراپەت کردووە؟"
٢٤ لەبیرت بێت کە کارەکەی بە مەزن بزانیت،
کە خەڵکی گۆرانی بەسەردا دەڵێن.
٢٥ هەموو مرۆڤ دەیبینێت؛
خەڵکی لە دوورەوە تەماشای دەکەن.
٢٦ خودا چەند مەزنە و ئێمەش نایناسین و
ژمارەی ساڵەکانی ناپشکێنرێن.

٢٧ «دڵۆپەکانی ئاو ڕادەکێشێت،
دەیانکات بە هەور پاشان دەیانبارێنێت؛
٢٨ لە هەورەکانەوە بارانێکی زۆر
بەسەر ئادەمیزاد دەڕژێنێت.
٢٩ ئایا کەس تێدەگات چۆن هەورەکان پەرت دەکات
یان چۆن لە کەپرەکەیەوە هەورەتریشقە
دەنێرێت؟
٣٠ ببینە بروسکەی خۆی بەسەر خۆیدا پەرتوبڵاو
دەکات و
قووڵایی دەریا دادەپۆشێت،
٣١ چونکە بەمە حوکمڕانی گەلان دەکات و
بە پڕی خواردن دەدات.
٣٢ بە دەستەکانی بروسکە دەگرێت و
فەرمانی پێدەدات لە دوژمن بدات.
٣٣ گرمەکەی ڕایدەگەیەنێت،
مەڕوماڵاتیش بە هاتنی دەزانن.

٣٧ «لەبەر ئەمە دڵم خورپە دەکات و
لە جێی خۆی دەست دەکات بە کوتان.
٢ بۆ نەڕەی دەنگەکەی و گرمەگرمی دەمی
گوێ شل بکە!
٣ لەژێر هەموو ئاسمان هەتا ئەوپەڕی زەوی،
بە بروسکەکەی دەردەبڕێت.
٤ لەدوای ئەوەش هەر دەنگی نەڕەکەی دێت،
بە دەنگی پڕ شانازییەکەی دەگرمێنێت.
کاتێك دەنگ دەداتەوە
بروسکەکەی ڕاناگرێت.
٥ خودا بە دەنگێکی سەرسوڕهێنەر دەگرمێنێت؛
کاری مەزنی وا دەکات کە ئێمە تێیناگەین.
٦ چونکە بە بەفر دەفەرموێت: "بکەوە سەر
زەوی،"
هەروەها بە تاوە باران دەفەرموێت: "بە لێزمە
بباریٚ."
٧ مۆر لە دەستی هەموو مرۆڤێك دەدات،
بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی دروستکەری خۆیان
بناسن.
٨ گیانلەبەران دەچنە ناو لانەکانی خۆیانەوە و
لەناو کونەکانی خۆیان دەمێننەوە.
٩ لە باشوورەوە ڕەشەبا دێت و
لە باکووریشەوە سەرما.
١٠ لە هەناسەی خوداوە بەستەڵەك پەیدا دەبێت و
سەر ڕووی ئاوەکان دەبنە سەهۆڵ.
١١ هەروەها هەورەکان بە شێ بار دەکات؛
بروسکەکەی بەناو هەورەکاندا پەرت دەکات.
١٢ بەگوێرەی خواستی ئەو
لەسەر ڕووی زەوی ئاوەدان دەگەڕێن
هەتا هەموو ئەوە بکات کە فەرمانی پێ
دەکرێت.
١٣ هەورەکان دەهێنێت بۆ تەمبێکردنی خەڵك،
یان بۆ ئەوەی ئاو بداتە زەوییەکەی و
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی پیشان بدات.

١٤ «ئەیوب گوێ بۆ ئەمە شل بکە!
هەستە و لە پەرجووەکانی خودا وردبەرەوە.
١٥ ئایا دەزانیت خودا چۆن فەرمان بە هەورەکان
دەکات،
یان درەوشانەوەی هەورە بروسکەکەی چۆنە؟

١٦ ئایا دەزانیت چۆن هەورەکان بە ئاسمانەوە
وەستاون،
ئایا کارە سەرسوڕهێنەرەکانی خودا دەزانیت
ئەوەی کە زانیاری تەواوە؟
١٧ ئەی ئەوەی لەناو جلوبەرگەکەت گەرما دەتخوات
بە کپبوونی زەوی بە بای باشوور،
١٨ ئایا دەتوانیت هاوکاری ئەو بکەیت ئاسمان بڵاو
بکەیتەوە،
کە وەك ئاوێنەیەکی لە بڕۆنز داڕێژراو ڕەقە؟

١٩ «پێمان بڵێ کە چی پێ بڵێین؛
لەبەر ئەوەی ئێمە لە تاریکیداین ناتوانین
داواکارییەکەمان ئامادە بکەین.
٢٠ ئایا دەبێت پێی بگوترێت کە من دەمەوێ قسە
بکەم؟
ئایا مرۆڤ قسە دەکات بۆ ئەوەی خۆی بە
قووتدان بدات؟
٢١ ئێستاش کەس ناتوانێت تەماشای خۆر بکات
کە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە
دوای ئەوەی با هەڵیکرد و ئاسمانی بێگەرد
کرد.
٢٢ لە باکوورەوە بە شکۆمەندییەکی زێڕین دێت،
خودای شکۆدار و سامناك دێت.
٢٣ ئێمە پەی بە خودای هەرە بە توانای باڵادەست
نابەین،
کە لەبەر دادپەروەرییە مەزنەکەی و
ڕاستودروستییە زۆرەکەی ستەم ناکات.
٢٤ لەبەر ئەمە خەڵکی لێی دەترسن،
چونکە ئاوڕ دەداتەوە لەوانەی کە بە دڵیان
دانان.»

## یەزدان قسە دەکات

٣٨ یەزدانیش لە گەردەلوولەکەوە وەڵامی ئەیوبی دایەوە و فەرمووی:

٢ «ئەمە کێیە، بێ زانیاری قسە دەکات و
ڕاوێژی من تێك دەدات؟
٣ ئێستا وەك پیاو پشتێنەکەی خۆت توند بکە،
پرسیارت لێ دەکەم و
وەڵامم بدەوە.

٤ «کاتێك زەویم دامەزراند لەکوێ بوویت؟
ئەگەر تێگەیشتنت هەیە پێم بڵێ.
٥ کێ پێوانەکانی دانا؟ بێگومان تۆ دەزانیت!
یان کێ گوریسی پێوانەی بەسەردا هێنا؟
٦ بناغەکانی لەسەر چی چەسپاند،
یان کێ بەردی بناغەکەی دانا،
٧ کاتێك ئەستێرەکانی بەرەبەیان پێکەوە هاواری
خۆشییان دەکرد و
هەموو فریشتەکان[a] هوتافیان دەکێشا؟

٨ «کێ بە دەروازەکان دەریای بەندکرد،
کاتێك بە پاڵەپەستۆ لە منداڵدان هاتە دەرەوە،
٩ کە هەورم کردە بەرگی و
هەوری تاریکم کرد بە قۆنداغی،
١٠ کە فەرزی خۆم بەسەریدا سەپاند و
دەروازە و شمشیرەم[b] بۆ دانا،
١١ فەرمووم: ”هەتا ئێرە دێیت و تێناپەڕیت؛
لێرە شەپۆلەکانی لووتبەرزیت دەشکێن“؟

١٢ «ئایا لە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژانی ژیانتدا فەرمانت
بە بەرەبەیان کردووە،
هەتا زەردەی خۆر هەڵنەیێت،
١٣ هەتا ڕۆخەکانی زەوی بگرێت و
بەدکارانی لێ بتەکێنێت؟
١٤ وەکو مۆرێك کە لە قوڕی دەدەیت،
دەوەستێت هەروەکو بەرگی پۆشیبێت.
١٥ ڕووناکی لە بەدکاران قەدەغە دەکرێت و
دەستی بەرزکراوەیان دەشکێنرێت.

١٦ «ئایا گەیشتیتە سەرچاوەکانی دەریا و
بەناو کون و کەلەبەرەکانی قووڵاییدا هاتوچۆت
کرد؟

[a] ٧ عیبری: کوڕانی خودا. بڕوانە پەیدابوون ٦:٢.
[b] ١٠ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

١٧ ئایا دەروازەکانی مردنت بۆ ئاشکرا بوون
یان دەروازەکانی سێبەری مەرگت بینی؟
١٨ ئایا پانوبەرینی زەوی دەزانیت؟
ئەگەر هەموو ئەم شتانە دەزانیت، پێم بڵێ.

١٩ «کام ڕێگایە دەچێتە نشینگەی ڕووناکی؟
ئەی شوێنی نیشتەجێبوونی تاریکی لەکوێیە؟
٢٠ ئایا دەتوانیت هەریەکەیان بۆ سنووری خۆی ببەیت و
ڕێگایماڵەکانیان شارەزابیت؟
٢١ لەبەر ئەوەی تۆ لەپێش ئەمانەوە لەدایك بوویت!
بە دڵنیاییەوە تۆ زۆر تەمەن درێژیت!

٢٢ «ئایا چووی بۆ ناو ئەمبارەکانی بەفر
یان کۆگاکانی تەرزەت بینیوە،
٢٣ ئەوەی هەڵمگرتووە بۆ کاتی تەنگانە،
بۆ ڕۆژانی نەهامەتی و جەنگ؟
٢٤ لە چ ڕێگایەکەوە بروسکە دابەش دەبێت و
بای ڕۆژهەڵات لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوە؟
٢٥ کێ لێکی جیا کردەوە جۆگەکان بۆ بارانی بە لێشاو و
ڕێچکە بۆ باوبۆران؟
٢٦ بۆ ئاودانی خاکێك کە مرۆڤی تێدا نییە،
بەسەر چۆڵەوانییەك کە ئادەمیزادی تێدا نییە،
٢٧ بۆ ئەوەی خاکی کاول و وێران تێر بکات،
وا بکات گیای لێ بڕوێت.
٢٨ ئایا باران باوکی هەیە؟
ئەی کێ دڵۆپەکانی شەونم دەخاتەوە؟
٢٩ بەستەڵەك لە سکی کێ دێتە دەرەوە؟
شەختەی ئاسمان بۆ کێ لەدایك دەبێت،
٣٠ کاتێك ئاوەکان وەك بەردیان لێ دێت و
ڕووی قووڵاییەکان دەیبەستێت؟

٣١ «ئایا تۆ دەتوانیت گرێیەکانی حەوتەوانە[a] ببەستیت
یان گرێ بەستراوەکانی ڕاوچی بکەیتەوە؟

[a] ٣١ یەکێك لە کەلووەکانە.

٣٢ ئایا تۆ دەتوانیت کەلووەکان[b] لە کاتی خۆی دەربخەیت،
یان ڕێنمایی کەلووی ورچ بکەیت لەگەڵ بەچکەکانی؟
٣٣ ئایا یاساکانی ئاسمان دەزانیت،
یاخود تۆ بڕیاری دەسەڵاتی ئەو بەسەر زەویدا دەچەسپێنیت؟

٣٤ «ئایا دەتوانیت دەنگت بۆ هەورەکان بەرز بکەیتەوە
هەتا بە لێشاوی ئاو داتبپۆشێت؟
٣٥ ئایا توانای ئەوەت هەیە بروسکەکان بنێریت،
جا بڕۆن و بڵێن: ”ئەوەتاین ئێمە“؟
٣٦ کێ دانایی دەبەخشێت
یان تێگەیشتن بە مێشك دەدات؟
٣٧ کێ بە داناییەوە هەورەکان دەژمێرێت
یان مەشکەکانی ئاسمان دەڕژێنێت،
٣٨ کاتێك تێکەڵ بە خۆڵ دەبێت
یەکدەگرن و دەبنە قوڕ؟

٣٩ «ئایا تۆ نێچیر بۆ شێرە مێ ڕاو دەکەیت
یان هەڵپەی بەچکە شێرەکان ئارام دەکەیتەوە،
٤٠ کاتێك لەناو بێشەکەیان خۆیان دەکێشنەوە و
خۆیان مەڵاس دەدەن بۆ بۆسە؟
٤١ کێ ڕاو بۆ قەلەڕەش ئامادە دەکات
کە بەچکەکانی دەقیڕێنن بۆ خودا و
لەبەر نەبوونی خواردن پەرتەوازە بوون؟

# ٣٩

«ئایا دەزانیت کەی بزنە کێوییەکان دەزێن؟
یان تێبینیت کردووە ئەو کاتەی کە ئاسك ژان دەیگرێت؟
٢ ئایا مانگەکانی ئاوسبوونی دەژمێریت
یان کاتی زاوزێکردنیان دەزانیت؟
٣ چۆك دادەدەن و پاڵ بە ئازارەکانیانەوە دەنێن و
بەچکەکانیان دەبێت.

[b] ٣٢ مەبەستی بورجەکانە، هەریەك لە حەوتەوانە و ڕاوچی و ورچ لە چەند ئەستێرەیەك پێکدێن.

[٤] بەچکەکانیان لە چۆڵەوانی بەهێز و گەورە دەبن؛
دەڕۆن و ئیتر ناگەڕێنەوە لایان.

[٥] «کێ کەرەکێوی بەڕەڵا کرد و
مێخ زنجیری ئەو کێوییەی کردەوە؟
[٦] ئەوەی چۆڵەوانیم کرد بە ماڵی و
خوێڵێنم[a] کردە ژینگەی.
[٧] بە دەنگەدەنگی شار پێدەکەنێت،
گوێی لە هاواری لێخوڕ نابێت.
[٨] لە چیاکاندا بەدوای لەوەڕگادا دەگەڕێت،
بۆ دۆزینەوەی هەموو سەوزاییەك.

[٩] «ئایا گای کێوی ڕازی دەبێت خزمەتت بکات
یان بە شەو لەلای ئاخوڕەکەت بمێنێتەوە؟
[١٠] ئایا دەتوانیت گای کێوی بە گاسنەوە ببەستیتەوە
و جووتی پێ بکەیت؟
ئایا بەدواتدا دێت دۆڵەکان خەرتە بکات؟
[١١] ئایا پشتی پێ دەبەستیت چونکە هێزەکەی مەزنە
یان کارەکەی خۆتی بۆ بەجێدەهێڵیت؟
[١٢] ئایا متمانەی پێ دەکەیت کە دەغڵودانەکەت
بهێنێت و
بۆ سەر جۆخینەکەت[b] کۆی بکاتەوە؟

[١٣] «بە خۆشییەوە وشترمرغ باڵەفرکێ دەکات،
ئایا پەڕوباڵەکەی وەك لەقلەق پیرۆزە؟
[١٤] چونکە وشترمرغ هێلکەکەی لەسەر زەوی
بەجێدەهێڵێت و
خۆڵ گەرمیان دادەهێنێت،
[١٥] لەبیری دەچێت کە پێ دەیپەستێتەوە و
ئاژەڵی کێوی تێی هەڵدەدەن.
[١٦] لەگەڵ بەچکەکانی دڵڕەقە وەك ئەوەی بەچکەی
ئەو نەبن؛
گوێی ناداتێ کە ماندووبوونەکەی بێهوودە
دەڕوات،
[١٧] چونکە خودا دانایی لەبیر بردووەتەوە،
لە تێگەیشتن بەشی نەداوە.
[١٨] کاتێك پەڕەکانی فش دەکاتەوە بۆ ڕاکردن،
بە ئەسپ و بە سوارەکەی پێدەکەنێت.

[١٩] «ئایا تۆ هێز بە ئەسپ دەدەیت
یان ملی بە یاڵ[c] دادەپۆشیت؟
[٢٠] ئایا وای لێ دەکەیت کە وەك کوللە قەڵەمباز
بدات و
دەنگی حیلەکەی تۆقێنەر بێت؟
[٢١] بە توندی سم بە زەویدا بکوتێت، بە هێزەوە
دەربپەڕێت،
بەرەو مەیدانی جەنگ مل بنێت.
[٢٢] بە ترس پێبکەنێت و نەتۆقێت؛
لە ڕووی شمشێر نەگەڕێتەوە.
[٢٣] تیردان شەقەشەقی بێت و
خەنجەر و نووکی ڕم ببریسکێنەوە.
[٢٤] بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە غار دەدات،
هەتا کاتی لێدانی کەڕەنا خۆی پێ ڕاناگیرێت.
[٢٥] لە کاتی فووکردن بە کەڕەنادا دەڵێت: "ئەها!"
لە دوورەوە بۆنی شەڕ دەکات،
هاواری سەرکردەکان و نەعرەتەی جەنگ.

[٢٦] «ئایا لە تێگەیشتنی تۆدایە هەڵۆ بفڕێت و
ڕووەو باشوور باڵەکانی بکاتەوە؟
[٢٧] یان بە فەرمانی تۆیە هەڵۆ بەرز بفڕێت و
هێلانەکەی لە بەرزی دابنێت؟
[٢٨] لەسەر لووتکەی چیا نیشتەجێ دەبێت و بە شەو
دەمێنێتەوە،
هەڵدێری بەردەڵان قەڵاکەیەتی.
[٢٩] لەوێوە نێچیری خۆی دەدۆزێتەوە و
چاوەکانی لە دوورەوە دەبینن.
[٣٠] بەچکەکانی خوێن هەڵدەمژن،
لە هەرکوێ کوژراوی لێ بێت، ئەو لەوێیە.»

[a] ٦ خاکێك کە خوێی زۆر بێت، سەرچاوەی بەدەستهێنانی خوێ بێت.

[b] ١٢ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[c] ١٩ مووی درێژ لەسەر ملی ئەسپ.

# ٤٠

یەزدان بە ئەیوبی فەرموو:

٢ «ئایا ئەوەی ڕکابەری لەگەڵ
تواناداره‌کە دەکات مافی ئەوەی هەیە
سەرزەنشتی بکات؟
ئەوەی خودا تاوانبار دەکات با وەڵام بداتەوە!»

٣ ئەیوبیش وەڵامی یەزدانی دایەوە:

٤ «من وا سووکوچروکم، چۆن وەڵامت بدەمەوە؟
من دەست دەخەمە سەر دەمی خۆم.
٥ جارێك قسەم کرد و بێ وەڵام بووم،
دوو جار و ئیتر دووبارەی ناکەمەوە.»

٦ یەزدانیش لە گەردەلوولەکەوە وەڵامی ئەیوبی
دایەوە و فەرمووی:

٧ «ئێستا وەك پیاو پشتێنەکەی خۆت توند بکە؛
من پرسیارت لێ دەکەم و
تۆش وەڵامم بدەوە.

٨ «ئایا دادپەروەریم دەخەیتە گومانەوە،
تاوانبارم دەکەیت بۆ ئەوەی خۆت بە
ڕاستودروست دەربخەیت؟
٩ یان بازوویێکت وەك خودا هەیە و
بە دەنگێکی وەك دەنگی ئەو دەگرمێنیت؟
١٠ ئێستا بە پایەبەرزی و سەرفرازی خۆت بڕازێنەوە،
ڕێز و شکۆمەندی بپۆشە.
١١ لافاوی تووڕەییەکەت بڕێژە و
تەماشای هەموو لووتبەرزێك بکە و نزمی
بکەرەوە،
١٢ سەیری هەموو خۆبەزلزانێك بکە و زەلیلی بکە،
لە جێی خۆیان پێ بە خراپەکاراندا بنێ.
١٣ تێکڕا لەناو خۆڵ نوقومیان بکە،
لە تاریکیدا ڕوویان بەند بکە.
١٤ منیش دان بەوەدا دەنێم،
کە دەستە ڕاستی خۆت دەتوانێت ڕزگارت
بکات.

١٥ «سەیری بەهێمۆت[a] بکە،
کە لەگەڵ تۆ دروستم کرد
وەك مانگا گیا دەخوات.
١٦ ئەوەتا هێزەکەی لە کەمەریەتی و
تواناکەی لە ماسوولکەکانی سکیەتی.
١٧ کلکی وەك داری ئۆرز شۆڕ دەکاتەوە؛
ماسوولکەکانی ڕانی یەکیان تەنیوە.
١٨ ئێسکەکانی لوولەی بڕۆنزن،
چوارپەلی وەکو لوولەی ئاسنن.
١٩ ئەو سەرەتای کارەکانی خودایە،
بەڵام دروستکەرەکەی دەتوانێت بە شمشێر لێی
نزیك بێتەوە.
٢٠ چیاکان سەوزایی بۆ دەردەخەن و
هەموو ئاژەڵی کێوی لەتەنیشتی یاری دەکەن.
٢١ لەژێر درەختەکانی لۆتس[b] ڕادەکشێت،
خۆی دەشارێتەوە لەنێو قامیشی زۆنگەکاندا.
٢٢ درەختەکانی لۆتس بە سێبەرەکانیان دایدەپۆشن؛
شۆڕەبی کەنار جۆگەکان دەوری دەدەن.
٢٣ ئەگەر ئاوی ڕووبار هەستێت یان ڕووباری
ئوردونیش تەووژم بۆ دەمی بهێنێت،
ئەو دڵنیایە و ترسی لێ نانیشێت.
٢٤ ئایا کەس دەتوانێت ڕوو بە ڕوو ڕاوی بکات،
یان بە تەڵە بیگرێت و لووتی کون بکات؟

# ٤١

«ئایا دەتوانیت لیڤیاتان[c] بە قولاپ ڕاو
بکەیت،
یان زمانی بە گوریس ببەستیتەوە؟
٢ ئایا دەتوانیت ئەڵقە بخەیتە لووتی
یان شەویلاکی بە لووتەوانە بسمیت؟
٣ ئایا زۆر لێت دەپاڕێتەوە
یان بە نەرمی قسەت لەگەڵ دەکات؟
٤ ئایا پەیمانت لەگەڵ دەبەستێت

---

[a] ١٥ گیانلەبەرێکی زۆر گەورە بووە.

[b] ٢١ درەختێکی دڕکاوییە لە ڕۆژهەڵاتی دەریا ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هەیە، لە ناوچەی گەرم شێدار دەڕوێت و بە پڕی لە دەوروبەری دەریاچەی جەلیل هەیە.

[c] ١ گیانلەبەرێکی گەورەیە لەناو دەریا دەژیێت.

که به درێژایی ژیانی بیکەیت بە کۆیلەی
خۆت؟
٥ ئایا وەك چۆلەکە یاری لەگەڵ دەکەیت
یان بۆ کچە منداڵەکانت دەیبەستیتەوە؟
٦ ئایا ڕاوچییەکان کڕین و فرۆشتنی لەسەر دەکەن
یان لەنێو بازرگانەکان دابەشی دەکەن؟
٧ ئایا پێستی پڕ دەکەیت لە ڕم و
سەریشی پڕ لە تیر؟
٨ دەستت لەسەری دانێ و بیر لە جەنگ بکەرەوە،
جارێکی دیکە دووبارەی ناکەیتەوە!
٩ هیوابوون بە گرتنی خەون بینینە،
هەر بە بینینی دەتۆقیت.
١٠ کەسێك نییە ئەوەندە ئازا بێت بەخەبەری
بهێنێت،
ئیتر کێ هەیە لە ڕووی مندا بوەستێت؟
١١ کێ شتێکی پێم بەخشیوە تاکو من بیدەمەوە؟
ئەوەی لەژێر هەموو ئاسمانە هی منە.
١٢ «بێدەنگ نابم لە باسکردنی ئەندامەکانی
جەستەی لیڤیاتان و
لە ڕاگەیاندنی هێزی و لە جوانی ئاکاری
جەستەی.
١٣ کێ دەتوانێت پێستەکەی دابماڵێت؟
کێ دەتوانێت هەردوو لای سپەرەکەی ببڕێت؟
١٤ کێ دوو شەویلاکی دەمی دەکاتەوە؟
ڕیزی ددانەکانی ترسێنەرە.
١٥ پشتی بە ڕیزێك قەڵغان داپۆشراوە،
بە پتەوی بەیەکەوە بەستراوە؛
١٦ بە شێوەیەك پێکەوە نووساون کە
تەنانەت با بە نێوانیاندا ناڕوات.
١٧ هەریەکەیان بەوی تەنیشتیەوە نووساوە؛
پێکەوە بەستراون لێك نابنەوە.
١٨ کە دەحیلێنێت بروسکەی ڕووناکی دەدات؛
چاوەکانی وەك گزنگی بەیانن.
١٩ لە دەمیەوە بڵێسەی ئاگر دێتە دەرەوە،
پریشکی ئاگری لێ دەبێتەوە.
٢٠ لە کونە لووتییەوە دووکەڵ هەڵدەستێت،
هەروەك سووتانی قامیش لەبن مەنجەڵێکی لە
کوڵ.
٢١ هەناسەی خەڵووز دادەگیرسێنێت،
گڕیش لە دەمیەوە دەڕژێت.
٢٢ هێزەکەی لە ملیدایە،
لەبەردەمی هەڵوەستەی لێ دەکەن.
٢٣ گۆشتەکەی قەدقەد پێکەوە نووساوە،
بەسەر لەشیدا داڕێژراوە و ناجوڵێتەوە.
٢٤ سەرسەختە،
بە جەرگ و چاونەوترسە.
٢٥ کە هەڵدەستێت بەهێزان دەتۆقن،
لە ترسی خۆڕاتەکاندنەکەی پەنا دەگرن.
٢٦ شمشێری بەر دەکەوێت بەڵام نایپێکێت،
نە ڕم و نە تیر.
٢٧ ئاسن لەلای وەك کا وایە،
برۆنزیش وەك داری کلۆر.
٢٨ تیری کەوانەکان نایبەزێنن؛
بەردی بەردەقانییەکان بەلایەوە وەك پووشن.
٢٩ گورز لەلای وەك کایە؛
بە ڕاوەشاندنی ڕم پێدەکەنێت.
٣٠ ژێری پارچە گۆزەی تیژە،
جەنجەڕ بەسەر قوڕدا ڕادەکێشێت.
٣١ وا دەکات قووڵایی وەك مەنجەڵ بکوڵێت،
دەریا وەك هیزەی زەیت لێ دەکات.
٣٢ لەدوای خۆی هێڵێکی سپی درەوشاوە
بەجێدەهێڵێت،
شەپۆلەکان وەك پرچی سپی لێ دەکات.
٣٣ لەسەر زەوی هاوشێوەی نییە،
بۆ نەترسان دروستکراوە.
٣٤ بە سووکییەوە تەماشای لووتبەرزەکان دەکات؛
پاشای هەموو لەخۆباییەکانە.»

## وەڵامی ئەیوب

٤٢ ئەیوبیش وەڵامی یەزدانی دایەوە:
٢ «زانیم کە دەتوانیت هەموو
شتێك بکەیت؛

ئەوەی تۆ پلانت بۆ داناوە مەحاڵ نابێت.
٣ پرسیارت کرد: "ئەمە کێیە، بێ زانیاری ڕاوێژی من
دەشارێتەوە؟"[a]
بێگومان من ئەوەی تێی نەگەیشتم بە دەممدا
هات،
بە کارە سەرسوڕهێنەرەکان لەسەرمەوە کە
نەمدەزانین.
٤ «فەرمووت: "ئێستا گوێ بگرە من قسە دەکەم؛
لێت دەپرسم و پێم دەڵێیت."
٥ بە گوێی خۆم هەواڵەکانی تۆم بیست،
ئێستاش چاوەکانم تۆیان بینی.
٦ لەبەر ئەوە خۆم ڕەت دەکەمەوە و
لەناو خۆڵ و خۆڵەمێشدا تۆبە دەکەم.»

## بەشی کۆتایی

٧ دوای ئەوەی یەزدان بەم وشانە قسەی لەگەڵ
ئەیوبدا کرد، یەزدان بە ئەلیفازی تێمانی فەرموو:
«تووڕەییم لە تۆ و لە هاوڕێیەکانت جۆشا، چونکە
ئێوە وەك ئەیوبی بەندەم بە ڕاستی سەبارەت بە من
قسەی ڕاستتان نەکرد. ٨ ئێستاش ئێوە حەوت گا و
حەوت بەران ببەن و بڕۆن بۆ لای ئەیوبی بەندەم،
لە پێناوی خۆتان قوربانی سووتاندن پێشکەش بکەن.
ئەو کاتە ئەیوبی بەندەم لە پێناوی ئێوە نوێژ دەکات،
منیش قبوڵی دەکەم. من بەپێی گێلایەتییەکەی
خۆتان هەڵسوکەوتتان لەگەڵ ناکەم، لەبەر ئەوەی
ئێوە وەك ئەیوبی بەندەم بە ڕاستی سەبارەت بە
من قسەی ڕاستتان نەکرد.» ٩ ئیتر ئەلیفازی تێمانی
و بیلدەدی شوحی و چۆفەری نەعماتی ڕۆیشتن و
ئەوەیان کرد کە یەزدان پێی فەرموون، یەزدانیش
نوێژەکەی ئەیوبی قبوڵ کرد.
١٠ دوای ئەوەی ئەیوب لە پێناوی هاوڕێیەکانی
پاڕایەوە، یەزدان ئەوەی هی ئەیوب بوو بۆی
گەڕاندەوە، بە دووقاتیش ئەوەی هەیبوو بۆی زیاد
کرد. ١١ ئەو کاتە هەموو خوشك و برا و ناسیاوەکانی
پێشووی بۆ لای هاتن و لەماڵەکەی نانیان لەگەڵی
خوارد. سەرەخۆشییان لێکرد و دڵیان دایەوە لەسەر
هەموو ئەو خراپەیەی یەزدان بەسەریدا هێنا،
هەریەکەش پارچە زیوێك و ئەنگوستیلەیەکی زێڕیان
پێ بەخشی.
١٢ یەزدان بەشی کۆتایی ژیانی ئەیوبی لە ژیانی
ڕابردووی زیاتر بەرەکەتدار کرد، ئەیوبیش چواردە
هەزار سەر مەڕ و شەش هەزار وشتر و هەزار
جووت مانگا و هەزار ماکەری هەبوو. ١٣ هەروەها
حەوت کوڕ و سێ کچیشی هەبوو. ١٤ کچی یەکەمی
ناونا، یەمیما و دووەم قەچیعا و سێیەم قەرەن
هەپوك. ١٥ لە هەموو خاکەکەشدا هیچ ئافرەتێك وەك
کچەکانی ئەیوب جوان نەبوون، باوکیشیان لەنێو
براکانیان میراتی پێدان.
١٦ ئەیوبیش پاش ئەوەی کە چاك بووە، سەد و چل
ساڵ ژیا و چوار نەوەی خۆی بینی. ١٧ ئیتر ئەیوب
تێری لە تەمەن خوارد و پیر بوو، پاشان مرد.

[a] ٣ بڕوانە فەرموودەی یەزدان لە ٢:٣٨.

# زەبوورەکان

**کورتە باسێك**

**زەبوورەکان پاشایەتی خودا لەسەر مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنن، بە تایبەتیش لەسەر گەلی خودا. هەر مرۆڤێك لە هەر نەتەوەیەك بێت بانگکراوە بۆ ئەوەی ملکەچی دەسەڵاتی خودا بێت، پشت بە چاکی ئەو ببەستێت و گوێڕایەڵی خواستەکانی بێت.**

نزیکەی سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا خودا شوانێکی مێردمنداڵی بانگکرد، ئەویش داود بوو. خودا داودی وەك پاشای گەلی ئیسرائیل دەستنیشان کرد و بە ڕۆحی پیرۆز کردی بە پێغەمبەر. خودا سروشی (فەرموودەیەکی خودا کە بە وەحی ڕۆحی پیرۆز هاتبێت) بۆ نارد تاکو گۆرانی ستایش و سوپاسگوزاری بۆ خودا بڵێ، هەروەها نزا و پاڕانەوە پێشکەشی خودا بکات و پێشبینی بکات سەبارەت بە هاتنی مەسیح.

پەڕتووکی زەبوورەکان بە شێوەی هۆنراوە نووسراونەتەوە و گوتراون کە باسی هەست و نەست و گرفت و ڕووداوە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات. بە سەرپەرشتی داودی پاشا، گروپێکی گۆرانیبێژان دروستکرا، لەوانە ئاساف و کوڕانی قۆرەح. ئەوانیش وەك پێغەمبەران بەهۆی ڕۆحی پیرۆز سروشی خودایان وەرگرت بۆ خزمەتی ستایش و سوپاسکردنی خودا و نووسینی پەیامی خودا. لەم پەڕتووکەدا ئەوانیش لە نووسینی چەند زەبوورێك پشکیان هەیە، هەروەها لەنێو زەبوورەکاندا زەبووری موسا و سلێمانیشی تێدایە. ئەم گۆرانییانە بە زمانی عیبری نووسراون و لەپێش سەردەمی مەسیحەوە کۆکراونەتەوە و لەو سەردەمەوە هەتا ئێستاش پارێزراون، بۆ ئەوەی ببێتە پەڕتووکێك کە بە زەبووری داود ناسراوە.

ڕەتکردنەوەی پەیامی زەبوورەکان لە لووتبەرزی مرۆڤەوە دێت، کە سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە لە جیهان. داود لەلای خودا دانی بە گوناه و تاوانی خۆیدا و نا و نەیشاردەوە. گوتی: «لەلای یەزدان داندەنێم بە یاخیبوونم.» وازی لە لووتبەرزی هێنا و خوداش لە تاوانی گوناهی خۆشبوو. (زەبوورەکان ٣٢:٥)

لە ئینجیلی پیرۆزدا حەزرەتی مەسیح دەفەرموێ: «ئەم قسانەم بۆ کردن کاتێك لەگەڵتان بووم: پێویستە هەموو ئەوانەی لە تەوراتی موسا و پێغەمبەران و زەبووردا دەربارەی من نووسراون بێنە دی.» (لۆقا ٢٤:٤٤). لێرەدا مەسیح خۆی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە زەبووری داود پێشبینی ژیانی ئەو دەکات، چۆن هات بە مردنی خۆی مرۆڤ ڕزگار بکات.

## کۆکراوەی بەشی یەکەم

## زەبوورەکانی ١–٤١

### زەبووری ١

١ خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی
بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و
لە ڕێگای گوناهباران ڕاناوەستێت و
لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشێت.
٢ بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی[a] یەزدانە،
شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبێتەوە.
٣ وەك دارێك وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و
لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و
گەڵاکانی هەرگیز وشك نەبن،
لە هەموو کارێك سەرکەوتوو دەبێت.

٤ بێگومان بەدکاران وانین،
بەڵکو وەك کا وان کاتێك با پەرشوبڵاوی
دەکاتەوە.

---

[a] ٢ عیبری: تەورات.

٥ بۆیە نە بەدکاران لەبەردەم دادوەری بێتاوانن،
نە گوناهبارانیش لە کۆڕی ڕاستودروستان
دادەنیشن.

٦ چونکە یەزدان چاودێری ڕێگای ڕاستودروستان
دەکات،
بەڵام ڕێگای بەدکاران لەناودەچێت.

## زەبووری ٢

١ بۆچی نەتەوەکان دەوروژێن و
گەلان پیلان لە شتی پووچ دەگێڕن؟
٢ پاشایانی زەوی خۆیان ڕێك دەخەن،
سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆدەبنەوە
لە دژی یەزدان و مەسیحەکەی[a] و دەڵێن:
٣ «با کۆتەکانیان بشکێنین و
زنجیرەکانیان لە خۆمان بکەینەوە.»

٤ ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت،
پەروەردگار گاڵتەیان پێ دەکات.
٥ ئینجا بە تووڕەیی خۆی قسەیان بۆ دەکات،
بە هەڵچوونی خۆی دەیانتۆقێنێت:
٦ «من پاشای خۆمم لەسەر سییۆن[b] داناوە،
لەسەر کێوی پیرۆزی خۆم.»
٧ من فەرمانی یەزدانتان پێ ڕادەگەیەنم:
پێی فەرمووم: «تۆ کوڕی منی،
من ئەمڕۆ بوومە باوکت.
٨ داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت،
ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ.
٩ بە گۆچانێکی ئاسنین دەیانشکێنیت و
وەك گۆزەیەکی گڵین وردوخاشیان دەکەیت.»

١٠ بۆیە، ئەی پاشایان، وریابن،
سەرۆکەکانی زەوی، ئاگاداربن.
١١ بە ترسەوە یەزدان بپەرستن،
بە لەرزەوە دڵخۆش بن.
١٢ کوڕەکە ماچ[c] بکەن، نەوەك تووڕە ببێت و
لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن،
چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش.
خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا
دەبەنە بەر ئەو.

## زەبووری ٣

**زەبوورێکی داودە کاتێك لە دەستی ئەبشالۆمی[d] کوڕی هەڵات.**

١ ئەی یەزدان، دوژمنانم چەند زۆرن!
چەند زۆرن لە دژم سەریان هەڵداوە!
٢ زۆر کەس لەبارەی منەوە دەڵێن:
«خودا ڕزگاری ناکات.»[e]

٣ بەڵام تۆ ئەی یەزدان، قەڵغانی منیت،
شکۆمەندی منیت و سەرم بەرز دەکەیتەوە.
٤ پڕ بە دەنگم هاوار بۆ یەزدان دەکەم،
ئەویش لە کێوی پیرۆزی خۆیەوە وەڵامم
دەداتەوە.

٥ ڕادەکشێم و دەخەوم،
بەئاگادێمەوە چونکە یەزدان پشتگیریم دەکات.
٦ لە دەیان هەزار کەس ناترسم،
ئەوانەی دەوریان گرتووم.

٧ ئەی یەزدان، ڕاپەڕە!
ئەی خودای من، ڕزگارم بکە!
لە بناگوێی دوژمنەکانم بدە و

[a] ٢ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح، واتە هەڵبژێردراو بە دەستی پێغەمبەر و بە چەورکردن بە ڕۆن بۆ پاشایەتی، بڕوانە دەرچوون ٢٢:٣٠-٣١ و یەکەم ساموئێل ١٦:٩؛ ١:١٠.

[b] ٦ سییۆن یان زایۆن، چیاکە لە ئۆرشەلیم، وەك نازناو بۆ ئۆرشەلیم بەکاردێت.

[c] ١٢ ماچکردنی پێی کوڕی پاشا وەك ملکەچبوونی.

[d] سێیەم کوڕی داود بوو، ناکۆکی لەگەڵ داودی باوکی هەبوو و سەرکردایەتی یاخیبوونێکی کرد لە دژی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دووەم ساموئێل بەشەکانی ١٣–١٨.

[e] ٢ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٤ و ٨، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

کەڵبەی بەدکاران وردوخاش بکە.

٨ ڕزگاری لە یەزدانەوەیە،
با بەرەکەتەکەت لەسەر گەلەکەت بێت.

## زەبووری ٤

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئامێرە ژێدارەکان.**

**زەبوورێکی داود**

١ ئەی خودای ڕاستودروستم،
کە لێت دەپاڕێمەوە وەڵامم بدەوە.
لە تەنگانەدا بە هانامەوە هاتی،
لەگەڵم میهرەبان بە و گوێ لە نوێژەکەم بگرە.

٢ ئەی خەڵکینە، هەتا کەی شکۆی من دەگۆڕن بە شورەیی؟
هەتا کەی حەز لە قسەی پووچ دەکەن و
بەدوای درۆدا دەگەڕێن؟[a]
٣ بەڵام بزانن کە یەزدان پیاوی خۆشەویستی بۆ خۆی تەرخان کردووە.
یەزدان گوێم لێ دەگرێت کاتێك لێی دەپاڕێمەوە.

٤ کاتێك توورە دەبن، گوناه مەکەن،
بەڵام کە لەسەر نوێنەکانتان
لە دڵی خۆتاندا لێکی بدەنەوە و بێدەنگ بن.
٥ قوربانی ڕاستودروست بکەن و
پشت بە یەزدان ببەستن.

٦ زۆر کەس دەڵێن: «کێ چاکەمان نیشان دەدات؟»
ئەی یەزدان، با ڕووناکی ڕووی تۆ بەسەرماندا هەڵبێت[b].
٧ تۆ خۆشییەکی وات خستووەتە دڵی منەوە
زۆر لەوانە زیاترە کە دانەوێڵە و شەرابیان زۆرە.

٨ ئەی یەزدان، بە ئاشتی پاڵ دەدەمەوە و دەخەوم،
چونکە تەنها تۆ بە ئاسوودەیی نیشتەجێم دەکەیت.

## زەبووری ٥

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە شمشاڵ.**

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، گوێ لە قسەکانم بگرە،
لە ناڵەم وردبەرەوە.
٢ گوێ لە هاوارم بگرە، ئەی پاشا و خودام،
چونکە لێت دەپاڕێمەوە.

٣ ئەی یەزدان، بەیانییان گوێ لە دەنگم دەگریت،
بەیانییان خۆم ئامادە دەکەم بۆ نوێژکردن و چاوەڕێ دەکەم.
٤ چونکە تۆ خودایەك نیت خراپەت پێ خۆش بێت،
بەدکار لەگەڵت نیشتەجێ نابێت.
٥ لووتبەرزەکان لەبەرچاوت ناوەستن،
ڕقت لە هەموو بەدکارێك دەبێتەوە،
٦ ئەوانەی بە درۆ قسە دەکەن تۆ لەناویان دەبەیت،
یەزدان قێزی لە کەسی خوێنڕێژ و فێڵباز دەبێتەوە.
٧ بەڵام من، بەهۆی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت،
دێمە ناو ماڵی تۆ،
بە ترسی تۆوە بەرەو پەرستگا پیرۆزەکەت کڕنۆش دەبەم.

٨ ئەی یەزدان، لەبەر دوژمنەکانم بە ڕاستودروستی خۆت ڕێنماییم بکە،
ڕێگای خۆت تەخت بکە لەپێشم.
٩ چونکە لەسەر زمانی ئەوان قسەی ڕاست نییە،
ناوەڕۆکیان لەناوچوونە،
قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە،

---

[a] ٢ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٤، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٦ خودا بە چاکەکانی بەسەرمان بکاتەوە، بڕوانە سەرژمێری ٦:‏٢٤-‏٢٦.

زمانیان فێڵی لێ دەڕژێت.
١٠ ئەی خودایە، تاوانباریان بکە!
با بکەونە ناو تۆڕی پیلانی خۆیانەوە،
لەبەر زۆری گوناهەکانیان دەریانبکە،
چونکە لە دژی تۆ یاخی بوون.
١١ بەڵام با هەموو ئەوانەی پەنا بە تۆ دەگرن
دڵخۆش بن،
با هەتاهەتایە گۆرانی شادی بڵێن.
دەیانخەیتە ژێر سێبەری خۆتەوە،
هەتا هەموو ئەوانەی ناوی تۆیان خۆشدەوێت
بە تۆ شاد بن.

١٢ چونکە ئەی یەزدان، تۆ ڕاستودروستان
بەرەکەتدار دەکەیت،
بە ڕەزامەندی خۆت وەك قەڵغان دەوریان
دەدەیت.

## زەبووری ٦

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە قیسارە بە شێوەی شیمینیت[a]. زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، لە کاتی تووڕەیی خۆت سەرزەنشتم
مەکە،
لە کاتی تووڕەییت تەمبێم مەکە.
٢ ئەی یەزدان، لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە
داهێزراوم.
ئەی یەزدان، چاکم بکەرەوە، چونکە
ئێسقانەکانم ژان دەکات.
٣ گیانم زۆر دەلەرزێت،
هەتا کەی، ئەی یەزدان، هەتا کەی؟

٤ ئەی یەزدان، بگەڕێوە و ژیانم ڕزگار بکە،
بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەربازم بکە.
٥ چونکە یادکردنەوەی تۆ لە مردندا نییە.
لە جیهانی مردووان[b] کێ ستایشت دەکات؟

٦ ئەوەندەم ناڵاند شەکەت بووم!

هەموو شەوێك نوێنەکەم نوقومی فرمێسك
دەکەم،
جێگاکەم تەڕ دەکەم.
٧ چاوەکانم لە خەفەتان کز بوون،
بەهۆی دوژمنەکانمەوە بێهێز بوون.

٨ ئەی هەموو بەدکاران، لێم دوور بکەونەوە،
چونکە یەزدان گوێی لە دەنگی گریانم بووە،
٩ یەزدان گوێی لە پاڕانەوەم بووە،
یەزدان نوێژم وەردەگرێت.
١٠ هەموو دوژمنەکانم بە توندی شەرمەزار و ڕیسوا
دەبن،
لەناکاو سەرشۆڕی دایاندەگرێت و شەرمەزار
دەبن.

## زەبووری ٧

**لاواندنەوەی داود بەرامبەر بە وتەکانی کوشی بنیامینی بە گۆرانی بۆ یەزدان گوتوویەتی.**

١ ئەی یەزدان، خودای من، پەنا دەهێنمە بەر تۆ،
لەوانەی ڕاوم دەنێن ڕزگارم بکە و دەربازم بکە،
٢ ئەگینا وەك شێر پەلامارم دەدەن،
پارچەپارچەم دەکەن و کەسیش نییە دەربازم
بکات.

٣ ئەی یەزدان، خودای من، ئەگەر من وام کردووە،
ئەگەر دەستەکانم ناڕەوایەتییان کردووە،
٤ ئەگەر خراپەم کردووە دەرهەق بەوەی بە ئاشتی
لەگەڵمدا دەژییێت،
یان بەبێ هۆ دوژمنەکەمم تاڵان کردووە،
٥ با دوژمن ڕاوم بنێت و پێشم لێ بگرێت،
با ژیانم پێشێل بکات لەسەر زەوی و

[a] دەستەواژەیەکی بواری مۆسیقایە.

[b] ٥ عیبری: شیۆل، ئەو شوێنەیە کە لەدوای مردن ڕۆحی مرۆڤ دەچێتە ئەوێ هەتا ڕۆژی لێپرسینەوە.

شکۆمەندیم بکەوێتە سەر زەوی.[a]

٦ ئەی یەزدان، لە تووڕەیی خۆت ڕاپەڕە،
لە دژی قینی دوژمنەکانم ڕاستبەرەوە.
ئەی خودای من هەستە، فەرمان بکە بۆ
دادپەروەری.
٧ کۆڕی گەلان لە دەوری خۆت ببەستە و
لە بەرزاییەوە فەرمانڕەوایەتییان لەسەر بکە.
٨ با یەزدان دادوەری گەلان بکات.
ئەی یەزدان، بەگوێرەی ڕاستودروستییەکەم
بێتاوانیم دەربخە،
بەگوێرەی دروستییەکەم.
٩ ئەی خودای ڕاستودروست،
کە مێشك و دڵەکان دەپشکنی،
خراپەی بەدکاران مەهێڵە،
بەڵام ڕاستودروستان بچەسپێنە.

١٠ خودا قەڵغانی منە،
ئەوەی دڵڕاستەکان ڕزگار دەکات،
١١ خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە،
هەموو ڕۆژێکیش تووڕە دەبێت.
١٢ ئەگەر کەسێك نەگەڕێتەوە،
خودا شمشێرەکەی خۆی تیژ دەکات،
کەوانەکەی دەچەمێنێتەوە و ژێیەکەی توند
دەکات.
١٣ چەکی کوشندەی خۆی ئامادە کردووە،
تیرەکانی کردووەتە تیری ئاگرین.

١٤ ببینە کەسی بەدکار بە خراپەوە ژانی گرتووە،
بە ئاژاوە سکی پڕ بووە و درۆی دەبێت.
١٥ چاڵێك هەڵدەکەنێت و قووڵی دەکات،
بەڵام خۆی دەکەوێتە ئەو گۆڕەی
هەڵیکەندووە.
١٦ ئاژاوەکەی بەسەر سەری خۆیدا دەگەڕێتەوە و
توندوتیژییەکەشی بەسەر سەری خۆیدا
دەبارێت.

١٧ ستایشی یەزدان دەکەم بۆ ڕاستودروستییەکەی،
گۆرانی ستایش دەڵێم بۆ ناوی یەزدانی
هەرەبەرز.

## زەبووری ٨

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی گتیت[b].**

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدانی پەروەردگارمان،
ناوت لە سەراپای زەویدا چەند شکۆدارە!

تۆ شکۆمەندی خۆتت خستووەتە سەرووی
ئاسمان.
٢ بە ستایشی منداڵان و شیرەخۆران
هێزت بۆ خۆت دامەزراندووە لە دژی
ناحەزەکانت،
هەتا دوژمنە تۆڵەسێنەرەکانی پێ دەمکوت
بکەیتەوە.
٣ کاتێك تەماشای ئاسمانت دەکەم،
کە پەنجەکانی تۆ دروستی کردووە،
مانگ و ئەستێرەکان، کە تۆ لەوێ داتناون،
٤ مرۆڤ چییە تاکو بیری لێ بکەیتەوە؟
کوڕی مرۆڤ چییە تاکو بایەخی پێبدەیت؟

٥ کەمێك لە فریشتەکانت[c] بە کەمتر دانا و
تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری.
٦ دەسەڵاتت داوەتێ بەسەر هەموو دەستکردی
خۆتدا،
تۆ هەموو شتێکت خستووەتە ژێر پێی ئەو:
٧ هەموو مەڕ و مانگاکان،
هەروەها ئاژەڵی کێوی،
٨ باڵندەی ئاسمان و ماسی دەریا و
هەرچی لەناو دەریادا دەژی.

٩ ئەی یەزدانی پەروەردگارمان،

---

[a] ٥ لە دەقی عیبری وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] دەستەواژەیەکی بواری مۆسیقایە.

[c] ٥ عیبری: خوداکان، بە واتای بوونەوەرە ئاسمانییەکان.

ناوت لە سەراپای زەویدا چەند شکۆدارە!

## زەبووری ٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی «مردنی کوڕەکە». زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، بە هەموو دڵەوە ستایشت دەکەم،
هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ڕادەگەیەنم.
٢ بە تۆوە شاد و دڵخۆش دەبم،
ئەی هەرەبەرز، گۆرانی ستایش بۆ ناوی تۆ دەڵێم.

٣ کاتێك دوژمنەکانم بەرەو پاش هەڵدێن،
لەبەردەمی تۆدا دەکەون و لەناودەچن.
٤ چونکە دادپەروەرانە دادوەریت بۆ کردووم،
دادوەرێکی ڕاستودروستی لەسەر تەختی خۆت دانیشتووی.
٥ تۆ نەتەوەکانت سەرزەنشت کردووە و بەدکارانت لەناوبردووە،
هەتاهەتایە ناویانت سڕیوەتەوە.
٦ دوژمنانت تووشی لەناوچوونی بێ کۆتایی کردووە،
شارەکانیان وێران کردووە،
تەنانەت بیرەوەرییان نامێنێت.

٧ بەڵام یەزدان هەتاهەتایە دادەنیشێت،
تەختی خۆی بۆ دادوەری دامەزراندووە.
٨ بە ڕاستودروستی دادوەری جیهان دەکات،
بە دادپەروەری گەلان حوکم دەدات.
٩ یەزدان پەناگای زۆرلێکراوانە،
قەڵایە لە کاتی تەنگانەدا.
١٠ ئەوانەی بە ناوی تۆ ئاشنان[a] پشتت پێ دەبەستن،
چونکە ئەی یەزدان، قەت تۆ وازت لەوانە
نەهێناوە کە حەز دەکەن لە تۆ نزیك ببنەوە.
١١ گۆرانی ستایش بڵێن بۆ یەزدان کە لە سییۆن[b] نیشتەجێیە،
لەنێو نەتەوەکان کردارەکانی ڕابگەیەنن.
١٢ چونکە ئەوەی تۆڵەی خوێن دەکاتەوە یادی دەکرێتەوە،
هاواری ستەملێکراوان لەبیرناکات.

١٣ ئەی یەزدان، ببینە چ ئازارێك بەدەست دوژمنەکانمەوە دەکێشم!
لەگەڵم میهرەبان بە و لە دەروازەکانی مردن ڕزگارم بکە[c]،
١٤ تاکو لەبەردەم دەروازەکانی سییۆنی کچ[d] بە ستایشی تۆوە بدوێم،
هەروەها بە ڕزگاریی تۆوە دڵخۆش بم.

١٥ نەتەوەکان کەوتوونەتە ئەو چاڵەی کە خۆیان هەڵیانکەندبوو،
پێیان بەو تۆڕەوە بووە کە نابوویانەوە.
١٦ یەزدان بە دادپەروەری ناسراوە،
بەدکارەکان دەکەونە داوی کردەوەی دەستی خۆیان.[e]
١٧ بەدکارەکان بەرەو جیهانی مردووان. دەڕۆن،
هەموو ئەو نەتەوانەی کە خودا لەبیر دەکەن.
١٨ بەڵام نەداران هەتاسەر لەبیر ناکرێن،
ئومێدی ستەملێکراو هەتاهەتایە لەناو ناچێت.

١٩ ئەی یەزدان ڕاپەڕە، مەهێڵە مرۆڤ سەربکەوێت،
با نەتەوەکان لەبەردەم تۆ دادگایی بکرێن.
٢٠ ئەی یەزدان، ترس بخەرە دڵیانەوە،
با نەتەوەکان بزانن کە تەنها مرۆڤن.

---

[a] ١٠ بە واتای ناسینی خودا و کەسایەتییەکەی.

[b] ١١ ناوێکی ئەدەبییە بۆ شاری ئۆرشەلیم.

[c] ١٣ عیبری: بەرزم بکەرەوە، بە واتای پارێزگار و فریاکەوتن.

[d] ١٤ مەبەست لە شاری سییۆنە، ئۆرشەلیم.

[e] ١٦ لە دەقی عیبری لێرە وشەی هیگایۆن و سەلاە هەیە و لە کۆتایی ئایەتی ٢٠ وشەی سەلاە هەیە، کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

## زەبووری ١٠

١ ئەی یەزدان، بۆچی لە دوورەوە وەستاویت؟
بۆچی لە کاتی تەنگانە خۆت دەشاریتەوە؟

٢ بەدکاران لە لووتبەرزییان ڕاوی هەژار دەکەن،
گرفتاری ئەو پیلانەیان دەکەن کە بۆیان
دادەنێن.
٣ چونکە کەسی بەدکار شانازی بە ئارەزووە
خراپەکانی دڵییەوە دەکات،
داوای بەرەکەت بۆ چاوبرسی دەکات و کفر بە
یەزدان دەکات.
٤ بەدکار لە لووتبەرزی خۆی باکی بە یەزدان نییە،
هەموو بیرکردنەوەی ئەوەیە کە: «خودا نییە.»
٥ هەمیشە ڕێگاکانی سەرکەوتووە،
لە حوکمەکانی خودا ناگات،
ناحەزەکانی خۆی بە هیچ دەزانێت.
٦ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: «هیچ شتێكناملەقێنێت،
هەموو کاتێك دڵخۆش دەبم و هەرگیز تووشی
بەڵا نابم.»

٧ دەمی پڕە لە نەفرەت و درۆ و هەڕەشە،
بەڵا و گوناه لەبن زمانیەتی.
٨ لە نزیکی گوندەکان بۆسە دادەنێت،
خۆی دەشارێتەوە بۆ کوشتنی بێتاوانان.
٩ وەك شێر خۆی مات دەکات،
خۆی مات دەکات بۆ گرتنی بەستەزمانان،
بەستەزمانان گرفتاری ئەو داوە دەکات کە بۆی
ناونەتەوە و ڕاپێچیان دەکات.
١٠ نێچیرەکانی وردوخاش دەکات، دەڕووخێن،
دەکەونە ژێر هێزی ئەوەوە.
١١ لە دڵی خۆیدا دەڵێت: «خودا ئاگای لێ نییە،
چاوی خۆی نوقاندووە و هەرگیز نامبینێت.»

١٢ ئەی یەزدان، ڕاپەڕە! ئەی خودایە، دەستت بەرز
بکەرەوە،
ستەملێکراوان لەبیر مەکە.
١٣ چۆن دەبێت کەسی بەدکار کفر بە خودا بکات؟
بۆچی لە دڵی خۆیدا بڵێت: «خودا لێم
ناپێچێتەوە؟»
١٤ بەڵام تۆ ئەی خودایە، ئازار و تەنگانە دەبینیت،
لێت دیارە و کاردانەوەت هەیە،
ستەملێکراوان خۆیان داوەتە دەستی تۆ،
تۆش هەمیشە یارمەتیدەری هەتیوانیت.
١٥ بازووی بەدکاران و خراپەکاران بشکێنە،
تەنانەت لەسەر ئەو خراپانەش لێیان بپێچەوە
کە نابینرێن.

١٦ یەزدان پاشایە هەتاهەتایە،
نەتەوەکان لە خاکەکەی لەناودەچن.
١٧ ئەی یەزدان، تۆ گوێ لە داواکاری ستەملێکراوان
دەگریت،
دڵیان دەچەسپێنی و گوێیان لێ دەگریت،
١٨ بۆ پارێزگاری لە هەتیوان و زۆرلێکراوان،
تاکو لەمەولا مرۆڤی سەر زەوی نەیان
ترسێنێت.

## زەبووری ١١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان،**

**زەبوورێکی داود.**

١ من پەنا دەبەمە بەر یەزدان،
ئیتر چۆن پێم دەڵێن:
«وەك باڵدار بەرەو چیاکانت هەڵفرە.
٢ چونکە ئەوەتا بەدکاران کەوان ڕادەکێشن و
تیر دەخەنە بەر کەوان،
بۆ ئەوەی لە تاریکییەوە دڵڕاستان بپێکن.
٣ کاتێك بنچینەکان بڕووخێن،
کەسی ڕاستودروست چی دەکات؟»

٤ یەزدان لە پەرستگای پیرۆزی خۆیەتی،
تەختی یەزدان لە ئاسمانە،
تەماشای کوڕانی مرۆڤ دەکات و
چاوەکانی تاقییان دەکاتەوە.

[٥] یەزدان کەسی ڕاستودروست تاقی دەکاتەوە،
بەڵام لە دڵەوە ڕقی لە خراپەکار و
خۆشەویستانی توندوتیژییە.
[٦] پشکۆی ئاگر و گۆگرد بەسەر بەدکارەکاندا
دەبارێنێت،
گڕەی بای سووتێنەر بەشیانە.

[٧] لەبەر ئەوەی یەزدان ڕاستودروستە و
حەزی لە دادپەروەرییە،
کەسی سەرڕاست تەماشای ڕووی خۆی دەکات.

## زەبووری ١٢

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە شێوەی شیمینیت[a].**

**زەبوورێکی داود.**

[١] ئەی یەزدان، ڕزگارمان بکە، چونکە کەسی
خواناس نەماوە،
چونکە لەناو ئادەمیزادان دڵسۆز نەماوە.
[٢] هەمووان درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن،
بە لێوی ڕیایی و دڵی ساختەوە قسە دەکەن.

[٣] یەزدان هەموو لێوە ڕیاییکەرەکان دەبڕێت،
هەموو ئەو زمانانەی بە فیزەوە دەدوێن،
[٤] ئەوانەی دەڵێن: «بە زمانی خۆمان زاڵ دەبین،
بە لێوی خۆمان سەرکەوتوو دەبین.
کێ هەیە ببێت بە گەورەمان؟»

[٥] یەزدان دەڵێت: «لەبەر ستەمکاری لە هەژاران و
ناڵەی کلۆڵان، ئێستا ڕادەپەڕم،
ئەو ئاسوودەییەیان دەدەمێ، لەوانەی پەستیان
دەکەن.»
[٦] وتەکانی یەزدان وتەی پاکن،
وەک ئەو زیوەیە لە بۆتەی گڵین پاڵێورابێت،
حەوت جار پاڵێوراوە.

[٧] ئەی یەزدان، دەمانپارێزیت و
هەتاهەتایە لەم جۆرە کەسانە پاسمان
دەکەیت.
[٨] بەدکارەکان بە هەموو لایەکدا بە ئازادی
دەگەڕێن،
کاتێک خەڵکی بە شان و باڵی خراپەدا
هەڵدەدەن.

## زەبووری ١٣

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان،**

**زەبوورێکی داود.**

[١] ئەی یەزدان، هەتا کەی؟ بە تەواوی لەبیرم
دەکەیت؟
هەتا کەی ڕووی خۆتم لێ وەردەگێڕیت؟
[٢] هەتا کەی ڕۆژانە دەروونم ڕاڕا بێت و
خەفەت لەناو دڵم کۆبکەمەوە؟
هەتا کەی دوژمنم بەسەرمدا زاڵ بێت؟

[٣] ئەی یەزدان، خودای من، سەیرم بکە و بە
دەنگمەوە وەرە،
چاوم ڕۆشن بکەرەوە، نەوەک خەوی مەرگم
لێبکەوێت،
[٤] نەوەک دوژمن بڵێت: «بەسەریدا زاڵ بووم،»
نەوەک ناحەزەکانم بە کەوتنی من شادمان بن.

[٥] بەڵام من پشتم بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت
بەستووە،
دڵم بە ڕزگاریی تۆوە خۆشە.
[٦] سروود بۆ یەزدان دەڵێم،
چونکە چاکەی لەگەڵ کردووم.

[a] دەستەواژەیەکی بواری مۆسیقایە.

## زەبووری ١٤

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان،**

**زەبوورێکی داود.**

١ گێل[a] لە دڵی خۆیدا دەڵێت: «خودا نییە.»
ئەوانە گەندەڵن و کردەوەکانیان پیسە،
کەس نییە چاکە بکات.

٢ یەزدان لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزاد دەکات،
هەتا بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت،
کەس هەیە بەدوای خودا بگەڕێت.
٣ هەموو ڕوویان وەرگێڕا،
هەموو گەندەڵ بوون،
کەس نییە چاکە بکات،
تەنانەت یەکێکیش نییە.

٤ ئایا هەموو گوناهباران فێر نەبن؟

ئەوانەی وەك نان گەلەکەی من دەخۆن و
ئەوانەی لە یەزدان ناپاڕێنەوە.
٥ لەوێ ترسێکی گەورەیان لێ نیشت،
چونکە خودا لەناو کۆڕی ڕاستودروستان
ئامادەیە.
٦ ئێوەی گوناهبار سووکایەتی بە بۆچوونی هەژاران
دەکەن،
بەڵام یەزدان پەناگای ئەوانە.

٧ با ڕزگاریی ئیسرائیل لە سییۆنەوە[b] دەربکەوێت!
کاتێك یەزدان گەلەکەی خۆی لە ڕاپێچکراوی
دەگەڕێنێتەوە،
با یاقوب شاد و ئیسرائیل دڵخۆش بێت!

## زەبووری ١٥

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، کێ لە پیرۆزگای تۆ نیشتەجێ
دەبێت؟
کێ لەسەر کێوی پیرۆزی تۆ دەژیێت؟
٢ ئەو کەسەی ڕێگای تەواو دەگرێت و
ڕاستودروستی پەیڕەو دەکات،
لە دڵەوە بە ڕاستگۆیی قسە دەکات و
٣ بە زمانی بوختان ناکات،
کە خراپە لەگەڵ کەس ناکات و
هاوڕێکەی شەرمەزار ناکات،
٤ کە بە سووکایەتییەوە دەڕوانێتە خراپەکاران
بەڵام ڕێزی ئەوانە دەگرێت کە ترسی یەزدانیان
لە دڵدایە،
کە سوێندی خۆی بەجێدەهێنێت،
ئەگەر ببێتە مایەی زەرەریش بۆی،
٥ کە پارە بە سوود نادات و
بەرتیل وەرناگرێت لە دژی پیاوی بێتاوان.

ئەوەی ئەم شتانە بکات،
هەتاهەتایە جێی لەق نابێت.

## زەبووری ١٦

**پاڕانەوەیەکی داود.**

١ ئەی خودایە، بمپارێزە،
چونکە من پەنا دەهێنمە بەر تۆ.

٢ بە یەزدانم گوت: «تۆ گەورەی منی،
بێجگە لە تۆ هیچ شتێکی چاکم نییە.»
٣ هەموو خۆشییەکم بە گەلە پیرۆزەکەیە کە لەناو
خاکەکەن،
ئەوانە شکۆدارن.
٤ ئەوانەی بەدوای خوداوەندەکانی دیکە دەکەون،
دەردیان زۆر دەبێت.

---

[a] ١ لە عیبری مەبەستی لە کەسی بەدڕەوشتە.

[b] ٧ مەبەست لە شاری سییۆنە لە ئۆرشەلیم کە خودا بەڵێنی داوە لەوێ نیشتەجێ دەبێ.

خوێنی قوربانییان بۆ ناڕێژم و
ناویشیان لەسەر لێوم نابێت.

٥ ئەی یەزدان، تۆ بەشە میرات و چارەنووسی منی،
تۆ پشکی من دەستەبەر دەکەیت.
٦ گوریس[a] کەوتە سەر چاکترین خاك بۆ بەشی
من،
بە ڕاستی میراتێکی دڵخۆشکەرم هەیە.
٧ ستایشی یەزدان دەکەم کە ئامۆژگاریم دەکات،
تەنانەت بە شەویش دڵم ڕێنماییم دەکات.
٨ هەمیشە چاوم لەسەر یەزدانە،
لەبەر ئەوەی لەلای دەستەڕاستمەوەیە،
ناهەژێم.

٩ بۆیە دڵشادم و گیانم خۆشحاڵە،
تەنانەت جەستەم بە ئاسوودەیی نیشتەجێیە،
١٠ چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردووان‌دا
بەجێناهێڵیت،
هەروەها ڕێگا نادەیت ئەوەی تۆ پیرۆزت
کردووە[b] لەناو گۆڕ بۆگەن بێت.
١١ ڕێگای ژیانت پێ ناساندم،
تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونتدایە،
خۆشحاڵی هەتاهەتایی لەلای دەستە ڕاستی
تۆدایە.

## زەبووری ١٧

**نوێژێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، گوێ لە داواکاری ڕاستودروستی من
بگرە،
بایەخ بە هاوارم بدە،
گوێ لە نوێژەکەم بگرە،
لە زاری بێ فێڵمەوە دەردەچێ.
٢ ئەستۆپاکی من لەلای تۆوە دێت،
چاوەکانت ڕاست و ڕێکی دەبینێت.
٣ ئەگەر دڵم بپشکنیت و لە شەودا چاودێریم
بکەیت،
ئەگەر تاقیم بکەیتەوە، هیچ خراپەیەکم تێدا
نابینیت،
پێداگری دەکەم کە دەمم سنوور نەبەزێنێت.
٤ سەبارەت بە کاری خەڵك، بە فەرمایشتی سەر
لێوی تۆ،
خۆم لە ڕێگای توندوتیژی پاراستووە.
٥ هەنگاوم بە ڕێڕەوی تۆوە جێگیر بوو،
پێم نەخلیسکاوە.

٦ ئەی خودایە، لێت دەپاڕێمەوە، چونکە تۆ بە
دەنگمەوە دێیت،
گوێ بۆ پاڕانەوەکەم شل بکە و ببیستە.
٧ جوانی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەربخە،
ئەی ئەوەی بە دەستە ڕاستت ئەوانە ڕزگار
دەکەیت
کە لەبەر دوژمنەکانیان پەنات بۆ دەهێنن.
٨ وەك گلێنەی چاوت بمپارێزە،
لەژێر سێبەری باڵەکانت بمشارەوە،
٩ لەو بەدکارانەی هێرشم دەکەنە سەر،
لەو دوژمنە بکوژانەی دەوریان داوم.

١٠ دڵە بەردینەکانیان داخستووە،
بە دەمیش لاف لێدەدەن.
١١ شوێن پێم دەکەون، وا دەوریان داوم،
چاویان لەوەیە بە زەویم دا بدەن.
١٢ وەك شێرێکن کە برسی پەلاماردانە،
وەك بەچکە شێرێك خۆی لە بۆسە نابێت.

١٣ ئەی یەزدان ڕاپەڕە، لە ڕوویان بوەستەوە، بەریان
بدەوە!
بە شمشێری خۆت گیانم لە بەدکار ڕزگار بکە!
١٤ ئەی یەزدان، بە دەستی خۆت لەم جۆرە کەسانە
ڕزگارم بکە،
لە خەڵکی ئەم جیهانە کە بەشیان لەم ژیانەیە،
ورگیانت پڕکردووە لەو شتەی هەڵتگرتووە بۆیان،
کوڕەکانیان تێر دەخۆن،

[a] ٦ دیاریکردنی سنووری زەوی بە گوریس بووە.
[b] ١٠ مەبەستی ئەوەی بۆ خودا تەرخان کراوە، وەك مەسیح.

ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ منداڵەکانیان جێی
دەهێڵن.
١٥ بەڵام من بێتاوان دەبم و ڕووی تۆ دەبینم،
کە بەئاگادێم تێر دەبم لە بینینی شێوەت.

## زەبووری ١٨

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داودی بەندەی یەزدان. ئەم سروودەی بۆ یەزدان گوت، دوای ئەوەی یەزدان لە دەستی هەموو دوژمنەکانی و لە دەستی شاول ڕزگاری کرد. گوتی:**

١ ئەی یەزدان، ئەی هێزی من، خۆشمدەوێی.
٢ یەزدان تاشەبەردی[a] منە، قەڵا و دەربازکەرمە،
خودام ئەو تاشەبەردەیە کە پەنای بۆ دەبەم،
قەڵغان و هێزی ڕزگاریمە، پەناگای منە.
٣ لە یەزدان دەپاڕێمەوە، ئەوەی کە شایانی
ستایشە،
لە دوژمنەکانم ڕزگار دەبم.
٤ پەتی مەرگ شەتەکی داوم،
لێشاوی لەناوچوون زەندەقی بردم.
٥ پەتی جیهانی مردووان بە دەورمدا تەنراوە،
داوی مردن لەبەردەمم دانراوە.
٦ لە تەنگانەمدا لە یەزدان پاڕامەوە،
هاوارم بردە بەر خودام،
لە پەرستگاکەیەوە گوێی لە دەنگی من بوو،
هاوارم گەیشتە بەرگوێی.
٧ ئینجا زەوی لەرزی و هەژا،
بناغەی چیاکانیش ڕاژەنین،
لە تووڕەیی ئەو لەرزین.
٨ دووکەڵ لە لووتی بەرزبووەوە،
ئاگرێکی لووشدەر لە دەمی هاتە دەرەوە،
وەك ژیلەمۆی پشکۆی داگیرساو بوو.
٩ ئاسمانی لێککردەوە و دابەزییە خوارەوە،
هەوری تاریك لەژێر پێی بوو.
١٠ سواری کەڕوب[b] بوو و فڕی،
بەسەر باڵی بادا بەرزبووەوە.
١١ بە تاریکی خۆی داپۆشی و کردییە خێوەت لە
دەوری خۆی،
هەوری تاریکی پڕ بارانی ئاسمانی کردە چەتری
خۆی.
١٢ لە ڕۆشنایی ئامادەبوونی ئەو هەورەکان بەرەو
پێش چوون،
تەرزە و پشکۆی ئاگریان لێ هاتە دەرەوە.
١٣ یەزدان لە ئاسمانەوە گرماندی،
ئەو خودایەی هەرەبەرزە دەنگی خۆی
لەرزاندەوە.
١٤ تیرەکانی هاویشت و بڵاوەی بە دوژمنەکانی کرد،
بە بروسکەی گەورە پەرێشانی کردن.
١٥ ئەی یەزدان، بنی دەریا دەرکەوت،
بناغەکانی زەوی ئاشکرا بوون،
لە سەرزەنشتی تۆ،
لە گەرمی هەناسەی لووتی تۆ.
١٦ لە بەرزاییەوە دەستی درێژکرد و منی گرت،
لەناو ئاوە قووڵەکانەوە دەریهێنام.
١٧ لە دوژمنە بە تواناکەم ڕزگاری کردم،
لە ناحەزەکانم کە زۆر لە من بەهێزتر بوون.
١٨ لە ڕۆژی لێقەومانم هاتنە سەرم،
بەڵام یەزدان پشت و پەنام بوو.
١٩ منی هێنایە دەرەوە بۆ جێگایەکی پان و بەرین،
ڕزگاری کردم، چونکە دڵخۆشە پێم.
٢٠ یەزدان بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی
داومەتەوە،
بەگوێرەی دەستپاکیم ڕێزداری کردووم.
٢١ چونکە من ڕێچکەی یەزدانم گرتووەتەبەر،
لە خودای خۆم یاخی نەبووم.
٢٢ هەموو حوکمەکانی لەبەرچاومدان،

[a] ٢ شوبهێنراوە بەو تاشەبەردەی لە کاتی تەنگانەدا پشتی پێدەدرێت، وەکو لە کاتی شەڕکردن دەبێتە پەناگا.

[b] ١٠ بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ.

لە فەرزەکانی لام نەداوە.
٢٣ لەبەردەمی ئەو بێ کەموکوڕی بووم و
خۆم لە گوناه پاراستووە.
٢٤ یەزدان بەگوێرەی ڕاستودروستیم پاداشتی
داومەتەوە،
بەگوێرەی دەستپاکیم لەبەردەمی.

٢٥ لەگەڵ دڵسۆزەکان دڵسۆزی دەنوێنیت،
لەگەڵ ئەوانەی بێ کەموکوڕین چاکی
دەنوێنیت،
٢٦ لەگەڵ پاکەکان پاکی دەنوێنیت،
بەڵام لەگەڵ خوارەکان زیرەکی دەنوێنیت.
٢٧ تۆ خەڵکی بێفیز ڕزگار دەکەیت،
بەڵام لووتی لووتبەرزان دەشکێنیت.[a]
٢٨ ئەی یەزدان، تۆ چراکەم دادەگیرسێنیت،
خودام تاریکیم ڕووناك دەکاتەوە.
٢٩ بە یارمەتی تۆ دەتوانم لەشکرێك تێکبشکێنم،
لەگەڵ خودای خۆم دەتوانم بەسەر شووراکاندا
سەربکەوم.

٣٠ ڕێبازی خودا تەواوە،
بەڵێنی یەزدان بێگەردە،
ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ
دەبەن.
٣١ چونکە لە یەزدان بەولاوە کێ خودایە؟
لە خودامان بەولاوە کێ تاشەبەردەکەیە؟
٣٢ خودایە ئەوەی کەمەری منی توند بەستووە،
بە تەواوی ڕێگام لەبەردەمدا دەکاتەوە.
٣٣ پێیەکانم وەك پێی ئاسك لێ دەکات،
لەسەر بەرزایی ڕامدەگرێت.
٣٤ مەشق بە دەستەکانم دەکات بۆ جەنگ،
تاکو بتوانم بە بازووم کەوانی بڕۆنز
بچەمێنمەوە.
٣٥ قەڵغانی ڕزگاریی خۆتت پێ بەخشیوم،
بە دەستی ڕاستت پشتم دەگریت،
هاوکاریت گەورەم دەکات.
٣٦ جێی هەنگاوەکانم تەخت و فراوان دەکەیت،
تاکو پێم نەخلیسکێت.
٣٧ دوژمنەکانم ڕاونا و پێشم لێ گرتن،
هەتا لەناوم نەبردن نەگەڕامەوە.
٣٨ وردوخاشم کردن، ئیتر نەیانتوانی هەستنەوە،
لەژێر پێم کەوتن.
٣٩ کەمەری منت توند کرد بۆ جەنگ،
وات لە بەرهەڵستکارانی من کرد لەبەر پێم
کڕنۆش ببەن.
٤٠ دوژمنەکانم پشتیان تێ کردم و ڕایانکرد،
من ناحەزەکانی خۆمم لەناوبرد.
٤١ هاواریان هێنا، بەڵام ڕزگارکەر نەبوو،
هاواریان بۆ یەزدان برد، بەڵام بە دەنگیانەوە
نەچوو.
٤٢ وەك تۆزی بەر با منیان هاڕی،
وەك قوڕی سەر ڕێگا پێشێلم کردن.
٤٣ لە هێرشی گەل ڕزگارت کردم،
تۆ منت کرد بە سەرۆکی نەتەوەکان،
گەلێك کە نەمدەناسین خزمەتم دەکەن.
٤٤ هەر کە دەنگم دەبیستن گوێڕایەڵم دەبن،
بێگانەکان ملکەچیم بۆ دەنوێنن.
٤٥ بێگانەکان ورە بەر دەدەن و
بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان دێنە دەرەوە.

٤٦ یەزدان زیندووە، ستایش بۆ تاشەبەردەکەم!
خودای ڕزگارکەرم پایەبەرزە!
٤٧ خودایە کە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە،
گەلان دەخاتە ژێر ڕکێفم،
٤٨ لە دوژمنەکانم ڕزگاری کردم.
پایەبەرزی کردم بەسەر ناحەزانم،
لە دەست کەسە توندوتیژەکان ڕزگارت کردم.
٤٩ لەبەر ئەوە ئەی یەزدان، لەنێو نەتەوەکاندا
ستایشت دەکەم،
گۆرانی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.

٥٠ سەرکەوتنی گەورە بە پاشای خۆی دەبەخشێت،

[a] ٢٧ لە عیبری: چاوی لووتبەرزان شۆڕ دەکەیت.

خۆشەویستی نەگۆڕ بەسەر
دەستنیشانکراوەکەیدا دەبارێنێت،
بۆ سەر داود و نەوەکانی بۆ هەتاهەتایە.

## زەبووری ١٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود.**

١ ئاسمان باسی شکۆی خودا دەکات،
گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت.
٢ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وتەی بەرز دەبارێنن،
شەو لەدوای شەو زانین ڕادەگەیەنن.
٣ هیچ قسە و زمانێکیان نییە،
دەنگیان نابیسترێت،
٤ بەڵام پەیامیان دەگاتە هەموو زەوی،
وتەکانیان بەوپەڕی جیهان.
لە ئاسمان چادری بۆ خۆر هەڵداوە،
٥ کە وەك زاوایەکە لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە،
وەك پاڵەوانێکە کە شادە بە ڕاکردن لە گۆڕەپان.
٦ لەو سەری ئاسمانەوە هەڵدێت و
دەسووڕێتەوە هەتا ئەو سەری،
هیچ شتێك لەبەر گەرماییەکەی ناشاردرێتەوە.

٧ فێرکردنی یەزدان تەواوە،
دەروون دەبووژێنێتەوە.
شەریعەتی[a] یەزدان جێی متمانەیە،
ساویلکە دەکەنە دانا.
٨ ڕێنمایی یەزدان دروستە،
دڵ خۆش دەکات.
ڕاسپاردەی یەزدان پاکە،
چاو ڕۆشن دەکات.
٩ لەخواترسی بێگەردە،
هەتاهەتایە سەقامگیرە.
حوکمی یەزدان ڕاستە،
بە تەواوی ڕاستودروستە.
١٠ ئەوانە لە زێڕ دڵگیرترن،
لە زێڕی بێگەردی زۆر،
لە هەنگوین شیرینترن،
لە دڵۆپی شانەی هەنگوین.
١١ خزمەتکارەکەت بەوانە ئاگادار کراوەتەوە،
پەیڕەوکردنیان پاداشتی زۆرە.
١٢ کێ لە هەڵەکانی خۆی تێدەگات؟
گوناهە شاراوەکانم ببەخشە.
١٣ خزمەتکارەکەت لە گوناهی یاخیبوون بپارێزە،
وا مەکە بەسەرمدا زاڵبێت.
ئیتر بێ کەموکوڕی دەبم،
لە گوناهی گەورە بێبەری دەبم.

١٤ با قسەی دەم و لێکدانەوەی دڵم
جێی ڕەزامەندی تۆ بێت،
ئەی یەزدان، تاشەبەردی من و ڕزگارکەرم[b].

## زەبووری ٢٠

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود.**

١ با یەزدان لە ڕۆژی تەنگانەدا بە دەنگتەوە بێت،
با ناوی خودای یاقوب بتپارێزێت.
٢ با لە پیرۆزگاکەیەوە یارمەتیت بۆ بنێرێت و
لە سییۆنەوە پشتگیریت بکات.
٣ با هەموو قوربانییەکانی تۆی لەبیربێت و
هەموو قوربانی سووتاندنەکانی تۆ قبوڵ
بکات.[c]
٤ با ئارەزووی دڵت بهێنێتە دی و
هەموو مەبەستەکانت بە ئەنجام بگەیەنێت.
٥ هەلهەلە لێدەدەین بۆ ڕزگاربوونت و
بە ناوی خودامانەوە ئاڵا بەرز دەکەینەوە.

---

[a] ٧ مەبەستی لە پەیمان و ڕاسپاردەکانی خودایە بۆ گەلەکەی کە لەسەر تەختەی پەیمان نووسراون. هەروەها بڕوانە دەرچوون ١٦:٣١-٣٤.

[b] ١٤ لە زمانی عیبری بە واتای خوێنگر دێت، بۆ تێگەیشتن لەم دەربڕینە بڕوانە ڕائووس ٤.

[c] ٣ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

با یەزدان هەموو داواکارییەکانت بەجێبهێنێت.
[٦] ئێستا زانیم کە یەزدان دەستنیشانکراوەکەی[a]
ڕزگار دەکات،
لە پیرۆزگا ئاسمانییەکەی خۆیەوە بە
دەنگییەوە دێت،
بە توانای ڕزگاریی دەستە ڕاستی.
[٧] هەندێك شانازی بە گالیسکە دەکەن و هەندێك
بە ئەسپ،
بەڵام ئێمە شانازی بە ناوی یەزدانی
پەروەردگارمان دەکەین.
[٨] ئەوان چەمانەوە و کەوتن،
بەڵام ئێمە هەستاین و چەسپاین.
[٩] ئەی یەزدان، پاشا ڕزگار بکە!
کە لێت دەپاڕێینەوە بەدەنگمانەوە وەرە!

## زەبووری ٢١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان،**

**زەبوورێکی داود.**

[١] ئەی یەزدان، پاشا بە هێزی تۆ شادمان دەبێت.
چەند دڵخۆشە بەو ڕزگارییەی پێت بەخشیوە!
[٢] ئارەزووی دڵیت پێ بەخشیوە و
لە داواکارییەکانی زمانیت ڕانەگرتووە.[b]
[٣] بە بەرەکەتێکی زۆرەوە پێشوازیت لێکرد و
تاجێکی زێڕی بێگەردت لە سەری کرد.
[٤] داوای ژیانی لێکردیت، پێت بەخشی،
ڕۆژگاری درێژی هەتاهەتاییە.
[٥] بەو ڕزگارییەی کە پێت داوە، شکۆمەندییەکەی
مەزنە،
تۆ شکۆمەندی و پایەبەرزیت پێ بەخشیوە.
[٦] چونکە بەرەکەتێکی بێ کۆتاییت داوەتێ،
بە خۆشی دیداری خۆت شادی دەکەیت.
[٧] چونکە پاشا پشت بە یەزدان دەبەستێت،
بە خۆشەویستی نەگۆڕی خودای هەرەبەرزە
هەرگیز نالەقێت.
[٨] دەستت بەسەر هەموو دوژمنەکانتدا دەڕوات،
دەستی ڕاستت بەسەر ناحەزانت.
[٩] کە دەردەکەویت وەك تەنوورێکی بڵێسەداریان
لێ دەکەیت،
لە تووڕەییدا یەزدان هەڵیاندەلووشێت،
ئاگریش دەیانخوات.
[١٠] ڕەچەڵەکیان لەسەر زەوی لەناودەبەیت،
نەوەیان لەناو ئادەمیزاد.
[١١] هەرچەندە پیلانیان لە دژت دانا و
بیریان لە خراپە کردەوە، سەرناکەون،
[١٢] چونکە تۆ وایان لێ دەکەیت ڕابکەن،
کاتێك بە تیروکەوان نیشانیان لێ دەگریت.
[١٣] ئەی یەزدان، بە هێزی خۆت پایەبەرز بە،
گۆرانی و ستایش بۆ توانای تۆ دەڵێین.

## زەبووری ٢٢

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بەگوێرەی ئاسکی بەرەبەیان.**

**زەبوورێکی داود.**

[١] خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟
بۆ وا دووری لە ڕزگارکردنم، لە بیستنی ناڵەم؟
[٢] ئەی خودای من، بە ڕۆژ لێت دەپاڕێمەوە، وەڵامم
نادەیتەوە،
بە شەویش ئارامیم نییە.
[٣] لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ خودای پیرۆزیت،
لەنێو ستایشی ئیسرائیل دانیشتوویت.
[٤] باوباپیرانمان پشتیان بە تۆ بەست،
پشتیان بە تۆ بەست و تۆش ڕزگارت کردن.
[٥] هاواریان بۆ تۆ هێنا و تۆش دەربازت کردن،
پشتیان بە تۆ بەست و شەرمەزار نەبوون.

[a] ٦ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.
[b] ٢ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٦ بەڵام من سەگم[a] نەك مرۆڤ،
مایەی ڕیسوایی ئادەمیزاد و سووکایەتی خەڵك.
٧ هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێ دەکەن،
توانجم لێ دەگرن و بە بزەوە سەر بادەدەن و دەڵێن:
٨ «پشتی بە یەزدان بەست، با یەزدان ڕزگاری بکات.
با فریای بکەوێت، ئەگەر یەزدان پێی دڵخۆشە؟»

٩ بەڵام تۆ لەناو سکی دایکم دەرتهێنام،
کاتێك لەبەر مەمکی دایکم بووم، دڵنیات کردم.
١٠ من لە کاتی لەدایکبوونمەوە بە تۆ سپێردراوم،
لە سکی دایکمەوە تۆ خودای منی.

١١ لێم دوور مەبە، چونکە تەنگانە نزیك بووەتەوە و
کەس نییە یارمەتیم بدات.

١٢ گای زۆر دەوریان داوم،
گایە بەهێزەکانی باشان[b] ئابڵوقەیان داوم.
١٣ وەك شێری دڕندەی بە نەڕەنەڕ،
ددانیان لێ تیژکردوومەتەوە.
١٤ وەك ئاو ڕژام،
هەموو ئێسقانەکانم لێك جیا بوونەتەوە.
دڵم بووە بە مۆم،
لە ناخمدا تواوەتەوە.
١٥ هێزم وەك پارچە گۆزە وشك بووە،
زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە،
منت خستە ناو خاکی مەرگ.

١٦ سەگ دەوریان داوم،
تاقمێك بەدکار ئابڵوقەیان داوم،
دەست و پێیان کون کردووم.
١٧ هەموو ئێسقانەکانم دەژمێرم،
ئەمانە تەماشام دەکەن و سەرنجیان لەسەرمە.

١٨ جلوبەرگەکەم لەنێو خۆیان بەش دەکەن،
تیروپشك لەسەر کراسەکەم دەکەن.

١٩ بەڵام تۆ ئەی یەزدان، لێم دوور مەبە،
ئەی هێزی من، زوو بگە فریام.
٢٠ ژیانم لە شمشێر دەرباز بکە،
ژیانی بەهادارم لە چنگی سەگ.
٢١ لە دەمی شێر ڕزگارم بکە،
لە قۆچی گای کێوی، دەربازم بکە.

٢٢ ناوی تۆ بە براکانم ڕادەگەیەنم،
لەناو کۆمەڵدا ستایشت دەکەم.
٢٣ ئەی لەخواترسەکان، ستایشی بکەن!
ئەی هەموو نەوەکانی یاقوب، شکۆداری بکەن!
ئەی هەموو نەوەکانی ئیسرائیل، لێی بترسن!
٢٤ چونکە بە سووکییەوە نەیڕوانییە ستەمی
ستەملێکراوەکە و پشتی لێ ناکات،
ڕووی لێ وەرناگێڕێت،
بەڵکو گوێ لە هاواری دەگرێت.

٢٥ لە کۆڕ و کۆمەڵی گەورەدا تۆ بابەتی ستایشکردنی منی،
نەزرەکانم[c] بەجێدەهێنم لەپێش ئەوانەی ترسی تۆیان هەیە.
٢٦ هەژارەکان دەخۆن[d] و تێر دەبن،
ئەوانەی ڕوو لە یەزدان دەکەن ستایشی دەکەن،
دڵتان بۆ هەتاهەتایە بژیێت.

٢٧ سەرانسەری زەوی یەزدانیان بەبیر دێتەوە و
دەگەڕێنەوە لای ئەو،
هەروەها هەموو هۆزەکانی نەتەوەکان
لەبەردەمی کڕنۆش دەبەن،

[a] ٦ عیبری: کرمێك.

[b] ١٢ شوێنێك بووە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون و لەوەڕگایەکی بەناوبانگ بووە بۆ گا.

[c] ٢٥ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك، کارەکە پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەوە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدرێت کە پێیەوە پابەند کراوە. بڕوانە سەرژمێری ٢١:٢.

[d] ٢٦ لەدوای بەجێهێنانی نەزر قوربانی هاوبەشی دەکرێت و هەژاران لەو قوربانییە دەخۆن.

[٢٨] چونکە پاشایەتی بۆ یەزدانە و
ئەو فەرمانڕەوایەتی نەتەوەکان دەکات.
[٢٩] هەموو دەوڵەمەندەکانی سەر زەوی دەخۆن و
کڕنۆشی بۆ دەبەن،
هەروەها هەموو ئەوانەی دەچنە ناو خۆڵ
لەبەردەمی ئەو چۆک دادەدەن،
ئەوانەی ناتوانن خۆیان بە زیندوویی بهێڵنەوە.
[٣٠] نەوەکان دەیپەرستن،
باسی پەروەردگار بۆ نەوەکانی داهاتوو
دەکرێت.
[٣١] ڕاستودروستییەکەی بەو خەڵکانە ڕادەگەیەنن کە
هێشتا لەدایك نەبوونە،
چونکە ئەم کارەی[a] کردووە.

## زەبووری ٢٣

**زەبوورێکی داود.**

[١] یەزدان شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت.
[٢] لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و
دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار،
[٣] گیانم دەبووژێنێتەوە.
بەرەو ڕێگای ڕاستودروستی ڕێنماییم دەکات
لە پێناوی ناوی خۆی.
[٤] ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا
بڕۆم،
لە هیچ خراپەیەك ناترسم،
لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای،
گۆچان و داردەستەکەت دڵنەواییم دەکەن.
[٥] سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لەبەردەم دوژمنانم،
زەیت لە سەرم دەدەیت بۆ دەستنیشانکردنم،
جامەکەم لێوانلێو دەکەیت.
[٦] بێگومان بە درێژایی ژیانم چاکە و خۆشەویستی
نەگۆڕ بەدوام دەکەون،
بۆ هەتاهەتایە لەماڵی یەزدان دەژیم.

[a] ٣١ مەبەستی لە کارەکانی خودایە لەناو ئەم دەقە.

## زەبووری ٢٤

**زەبوورێکی داود.**

[١] زەوی و هەرچی تێدایە هی یەزدانە،
جیهان و ئەوانەی تێیدا دەژین،
[٢] چونکە لەسەر دەریاکان بناغەی داناوە و
لەسەر ڕووبارەکان دایمەزراندووە.
[٣] کێ سەردەکەوێتە سەر کێوی یەزدان؟
کێ لە جێگای پیرۆزی ئەو دەوەستێت؟
[٤] ئەوەی دەست پاك و دڵی بێگەرد بێت،
ئەوەی مەیلی شتی پووچ نەکات و
بە درۆ سوێند نەخوات.
[٥] لە یەزدانەوە بەرەکەت بەدەستدەهێنێت،
لە خودای ڕزگارکەری بێتاوانکردن.
[٦] ئەمەیە ئەو نەوەیەی دوای یەزدان دەکەوێت،
ئەوەی ڕوویان لە تۆ دەکەن، ئەی خودای
یاقوب.[b]
[٧] ئەی دەروازەکان، سەر هەڵبڕن!
ئەی دەرگا دێرینەکان، بەرزببنەوە،
هەتا پاشای شکۆمەندی بێتە ژوورەوە.
[٨] ئەم پاشایەی شکۆمەندی کێیە؟
یەزدانی بەهێز و دەسەڵاتدارە،
یەزدانی پاڵەوان لە جەنگ.
[٩] ئەی دەروازەکان، سەر هەڵبڕن!
ئەی دەرگا دێرینەکان، بەرزببنەوە!
هەتا پاشای شکۆمەندی بێتە ژوورەوە.
[١٠] ئەم پاشایەی شکۆمەندی کێیە؟
یەزدانی سوپاسالار پاشای شکۆمەندییە.

[b] ٦ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ١٠، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

## زەبووری ٢٥

زەبوورێکی داود.

١ ئەی یەزدان، گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە.
٢ ئەی خودای من، پشتم بە تۆ بەستووە.
ڕێ مەدە شەرمەزار بم،
دوژمنانم پێ خۆش مەکە.
٣ هەموو ئەوانەی ئومێدیان بە تۆ هەیە
شەرمەزار نابن،
بەڵکو ئەوانە شەرمەزار دەبن
کە بەبێ هۆ ناپاکی دەکەن.

٤ ئەی یەزدان، ڕێگاکانی خۆتم پێ بناسێنە،
ڕێڕەوەکانی خۆتم فێر بکە.
٥ لە ڕاستی خۆت ڕێنماییم بکە و فێرم بکە،
چونکە تۆ خودای ڕزگارکەری منیت،
بە درێژایی ڕۆژ ئومێدم هەر بە تۆیە.
٦ ئەی یەزدان، بەزەیی و خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەی خۆت لەبیر بێت،
چونکە لە دێرزەمانەوە ئەمانە هەن.
٧ ئەی یەزدان، گوناهەکانی کاتی گەنجیەتیم و
یاخیبوونەکانم بەبیر خۆت مەهێنەوە،
بەڵکو بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بیرم
لێ بکەرەوە،
لە پێناوی چاکی خۆت.

٨ یەزدان چاك و سەرڕاستە،
بۆیە گوناهباران فێری ڕاستەڕێیی دەکات،
٩ ڕابەرایەتی بێفیزەکان دەکات بۆ دادپەروەری،
ئەوان فێری ڕێگای خۆی دەکات.
١٠ هەموو ڕێگاکانی یەزدان ڕاست و خۆشەویستی
نەگۆڕن
بۆ ئەو کەسانەی فەرزەکانی پەیمانەکەی
ناشکێنن.
١١ ئەی یەزدان، لە پێناوی ناوی خۆت،
لە گوناهم خۆشبە، هەرچەندە گەورەشە.

١٢ کێیە ئەو کەسەی لە یەزدان دەترسێت؟
خودا فێری ئەو ڕێگایەی دەکات کە بۆی
هەڵبژاردووە.
١٣ هەموو ڕۆژانی لە چاکەدا دەبێت و
زەوی بە میرات بۆ نەوەکانی دەمێنێتەوە.
١٤ خودا نهێنی خۆی بەوانە دەسپێرێت کە لێی
دەترسن،
وا دەکات پەیمانەکەی زانراو بێت لەلایان.
١٥ من هەمیشە چاوم ئاراستەی یەزدان کردووە،
چونکە تەنها ئەو پێم لە تەڵە دەکاتەوە.

١٦ ئاورم لێ بدەوە و لەگەڵم میهرەبان بە،
چونکە تەنها و کڵۆڵم.
١٧ دڵتەنگیم زیاد بووە،
لە تەنگانەکانم ڕزگارم بکە.
١٨ تەماشای داماوی و ڕەنجکێشانم بکە و
لە هەموو گوناهەکانم خۆشبە.
١٩ تەماشای دوژمنەکانم بکە چەند زۆر بوونە و
چەند بە قینەوە ڕقیان لێمە.

٢٠ ژیانم بپارێزە و ڕزگارم بکە،
شەرمەزارم مەکە،
چونکە پەنا وەبەر تۆ دەهێنم.
٢١ با دروستی و سەرڕاستی پارێزەرم بن،
چونکە ئومێدم بە تۆیە.

٢٢ ئەی خودایە، ئیسرائیل بکڕەوە،
لە هەموو تەنگانەکانی!

## زەبووری ٢٦

زەبوورێکی داود.

١ ئەی یەزدان، ئەستۆپاکیم بسەلمێنە،
چونکە بەبێ کەموکوڕی ژیاوم،
پشتم بە یەزدان بەستووە،
بەبێ دوودڵی.
٢ ئەی یەزدان، تاقیم بکەوە، بمخە ناو لێکۆڵینەوە،
مێشك و دڵم بپشکنە.

٣ چونکە خۆشەویستی نەگۆڕی تۆم لەبەرچاوە،
بە ڕاستی تۆ ڕەفتار دەکەم.
٤ لەگەڵ فێڵبازان دانانیشم،
تێکەڵی دووڕووان نابم.
٥ ڕقم لە کۆمەڵی بەدکاران دەبێتەوە و
لەگەڵ خراپەکار دانانیشم.
٦ دەستەکانم دەشۆم تاکو بێتاوانیم دەربخەم،
ئەی یەزدان، بە دەوری قوربانگاکەتدا
دەسووڕێمەوە و
٧ بە دەنگی بەرز ستایشت دەکەم و
هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ڕادەگەیەنم.
٨ ئەی یەزدان، ئەوماڵەم خۆشدەوێت کە تۆ تێیدا
دەژیت،
ئەو شوێنەی کە شکۆی تۆی تێدا نیشتەجێیە.
٩ گیانم لەگەڵ گوناهباران کۆمەکەوە،
ژیانم لەگەڵ خوێنڕێژان،
١٠ ئەوانەی کە دەستیان بە خراپە پیس بووە،
ئەوانەی دەستی ڕاستەیان پڕ لە بەرتیلە.
١١ بەڵام من بەبێ کەموکوڕی ژیاوم،
بمکڕەوە و لەگەڵم میهرەبان بە.
١٢ پێم لەسەر زەوییەکی تەختە،
لە کۆڕ و کۆمەڵی گەورەدا ستایشی یەزدان
دەکەم.

## زەبووری ٢٧

زەبوورێکی داود.

١ یەزدان ڕووناکی و ڕزگاریی منە،
لە کێ بترسم؟
یەزدان قەڵای ژیانی منە،
لە کێ بتۆقم؟
٢ کاتێك بەدکاران لێم نزیك بنەوە
بۆ ئەوەی گۆشتم بخۆن،
کاتێك دوژمنان و ناحەزانم پەلامارم بدەن،
ساتمە دەکەن و دەکەون.
٣ ئەگەر لەشکرێکیش دەورم بدات،
دڵم ناترسێت.
ئەگەر جەنگ بەرپا بکەن دژم،
ئەو کاتەش هەر دڵنیا دەبم.
٤ داوای یەك شت لە یەزدان دەکەم،
ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێم:
کە هەموو ڕۆژانی ژیانم
لە ماڵی یەزدان نیشتەجێ بم،
هەتا تەماشای جوانی یەزدان بکەم و
لە پەرستگاکەی ورد ببمەوە.
٥ چونکە لە ڕۆژی بەڵا،
لەژێر سێبەری خۆی دەمشارێتەوە،
بە پەڵاسی نشینگەکەی دامدەپۆشێت.
بۆ سەر تاشەبەردێك بڵندم دەکاتەوە.
٦ ئێستاش سەرفرازم بەسەر دوژمنانی دەوروبەرم،
لەناو نشینگەکەیدا بە هاوار و خۆشییەوە
قوربانی پێشکەش دەکەم،
سروود بۆ یەزدان دەڵێم و مۆسیقا دەژەنم.
٧ ئەی یەزدان، گوێت لە دەنگم بێ کاتێك لێت
دەپاڕێمەوە،
لەگەڵم میهرەبان بە و وەڵامم بدەوە.
٨ سەبارەت بە تۆ دڵم دەڵێت: «ڕووت لەو بکە!»
ئەی یەزدان، ڕووم لە تۆ دەکەم.
٩ ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە،
خزمەتکاری خۆت لە کاتی تووڕەییت
مەگەڕێنەوە،
تۆ یارمەتیدەری من بوویت.
ئەی خودای ڕزگارکەرم،
ڕەتم مەکەرەوە و جێم مەهێڵە.
١٠ تەنانەت دایك و باوکیشم وازم لێ بهێنن،
یەزدان دەمگرێتە خۆی.
١١ ئەی یەزدان، ڕێگای خۆتم فێر بکە،
بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنماییم بکە،
لەبەر دوژمنەکانم.

١٢ بە ویستی ناحەزەکانم مەمسپێرە،
چونکە شایەتی درۆ لێم ڕاست بوونەتەوە،
هەناسەی زۆردارییان لێ دێتە دەرەوە.

١٣ من هێشتا باوەڕم بەوە هەیە،
کە لە خاکی زیندووان
چاکەی یەزدان دەبینم.
١٤ چاوەڕێی یەزدان بە،
خۆت ئازا بکە و دڵت بەهێز بکە،
چاوەڕێی یەزدان بە.

## زەبووری ٢٨

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، من بۆ تۆ هاوار دەکەم.
ئەی تاشەبەردەکەم، گوێی خۆتم لێ کەڕ مەکە،
چونکە ئەگەر تۆ خۆتم لێ بێدەنگ بکەیت،
وەك ئەوانەم لێدێت کە شۆڕ دەبنەوە ناو گۆڕ.
٢ گوێ لە دەنگی پاڕانەوەم بگرە،
کاتێك کە هاوارت بۆ دەهێنم،
دەستەکانم بەرز دەکەمەوە
بەرەو شوێنی هەرەپیرۆزی تۆ.

٣ لەگەڵ بەدکارەکان ڕامەکێشە،
ئەوانەی ئیشی خراپە دەکەن،
بە ئاشتی قسە لەگەڵ دراوسێکانیان دەکەن،
بەڵام دڵیان پڕ لە کینەیە.
٤ بەگوێرەی کردەوە و خراپەکارییەکانیان سزایان بدە،
بەگوێرەی کردەوەکانی دەستیان سزایان بدە و
ڕەفتارەکانی خۆیان بگەڕێنەوە سەر خۆیان.

٥ لەبەر ئەوەی گوێ نادەن بە کردارەکانی یەزدان و
بە کارەکانی دەستی،
تێکیان دەشکێنێت و
جارێکی دیکە بنیادیان نانێتەوە.

٦ ستایش بۆ یەزدان،
چونکە گوێی لە دەنگی پاڕانەوەم بوو.
٧ یەزدان هێز و قەڵغانی منە،
دڵم متمانەی بەو کرد و یارمەتیم وەرگرت،
دڵم شاد دەبێت و
بە گۆرانی خۆم ستایشی دەکەم.

٨ یەزدان هێزی گەلەکەیەتی،
قەڵای ڕزگاریی دەستنیشانکراوەکەی [a]
٩ گەلەکەت ڕزگار بکە و میراتەکەت بەرەکەتدار بکە،
ببە بە شوانیان و هەتاهەتایە هەڵیانبگرە.

## زەبووری ٢٩

**زەبوورێکی داود «لە جەژنی کەپرەشینە».**

١ ستایشی شکۆ و هێزی یەزدان بکەن،
ستایشی یەزدان بکەن، ئەی فریشتەکانی ئاسمان.
٢ ستایشی ناوی شکۆداری یەزدان بکەن،
کڕنۆش بۆ یەزدان ببەن چونکە شکۆدار و پیرۆزە.

٣ دەنگی یەزدان لەسەر ئاوەکان دەنگ دەداتەوە،
خودای شکۆمەندی تریشقە دەدات،
یەزدان لەسەر ئاوە زۆرەکان تریشقە دەدات.
٤ دەنگی یەزدان بە هێزە،
دەنگی یەزدان بە شکۆیە.
٥ دەنگی یەزدان داری ئورز دەشکێنێت،
یەزدان ئورزەکانی لوبنان دەشکێنێت،
٦ وا دەکات لوبنان[b] وەك گوێرەکە ڕابکات و
حەرمۆنیش[c] وەك جوانەگای کێوی.
٧ دەنگی یەزدان چەخماخە دەدات
بە بروسکە و تریسکەوە.

[a] ٨ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.
[b] ٦ مەبەستی لە چیای لوبنانە.
[c] ٦ هەروەها سریۆنیشی پێ دەگوترێ، بەرزترین شاخە لە سوریا.

٨ دەنگی یەزدان بیابان دەلەرزێنێت
یەزدان بیابانی قادێش[a] دەلەرزێنێت.
٩ دەنگی یەزدان دار بەڕوو لوول دەدات و
دارستانەکان ڕووت دەکاتەوە.
لەناو پەرستگاکەیدا هەموو هاوار دەکەن:
«شکۆمەندی!»

١٠ یەزدان بە تەختی پاشاییەوە، لەسەر تۆفان
دادەنیشێت،
یەزدان هەتاهەتایە وەك پاشا لەسەر تەخت
دادەنیشێت.
١١ یەزدان هێز بە گەلەکەی دەبەخشێت،
یەزدان بەرەکەتی ئاشتی دەداتە گەلەکەی.

## زەبووری ٣٠

زەبوورێکی داود.

گۆرانییەك بۆ تەرخانکردنی پەرستگا.[b]

١ ئەی یەزدان، بە گەورەت دەزانم،
چونکە هەڵتکێشام و
نەتهێشت دوژمنەکانم شانازیم بەسەردا بکەن.
٢ ئەی یەزدان، خودای من، هاوارم بۆ تۆ هێنا،
تۆش چاکت کردمەوە.
٣ ئەی یەزدان، تۆ گیانی منت لەناو جیهانی
مردووان هێنایە دەرەوە،
منت دەرباز کرد لەوەی شۆڕببمەوە ناو گۆڕ.

٤ ئەی خۆشەویستانی یەزدان، گۆرانی بۆ بڵێن،
ستایشی ناوە پیرۆزەکەی بکەن.
٥ چونکە تووڕەبوونی تەنها چرکەیەکە،
بەڵام ڕەزامەندی بە درێژایی ژیانە.
ڕەنگە گریان بۆ شەوێ بمێنێت،
بەڵام بۆ بەیانییەکەی هەلهەلە دێنێت.

٦ کاتێك هەستم بە دڵنیایی کرد گوتم:
«هەرگیز نالەقێم.»
٧ ئەی یەزدان، بە ڕەزامەندی خۆت،
منت وەك چیایەکی بەهێز چەسپاند،
بەڵام کە ڕووی خۆتت لە من شاردەوە،
پەرێشان بووم.

٨ ئەی یەزدان، من هاوارم بۆ تۆ هێنا،
من لە پەروەردگار پاڕامەوە:
٩ «مەرگی من سوودی چی تێدایە،
ئەگەر من شۆڕ ببمەوە ناو گۆڕ؟
ئایا خۆڵ ستایشت دەکات؟
ئایا دڵسۆزیت ڕادەگەیەنێت؟
١٠ ئەی یەزدان، گوێ بگرە و لەگەڵم میهرەبان بە!
ئەی یەزدان، ببە بە یارمەتیدەرم!»

١١ تۆ شینی منت گۆڕی بۆ شایی،
جلوبەرگی گوشت[c] لەبەر داماڵیم و بەرگی
شادیت لەبەرکردم،
١٢ بۆ ئەوەی دڵم گۆرانیت بۆ بڵێت و بێدەنگ
نەبێت.
ئەی یەزدان، خودای من، هەتاهەتایە هەر
ستایشت دەکەم.

## زەبووری ٣١

بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود.

١ ئەی یەزدان، من پەنا دەبەمە بەر تۆ،
با هەرگیز شەرمەزار نەبم،
بە ڕاستودروستی خۆت دەربازم بکە.
٢ گوێت بۆم شل بکە،
بە زوویی فریام بکەوە،
ببە بەو تاشەبەردەی پەنای بۆ دەبەم،

---

[a] ٨ دەکەوێتە دووری ٨٠ کم لە باکووری بیری شابەع، گەلی ئیسرائیل لەدوای هاتنەدەرەوەیان لە میسر ماوەیەك لەوێ ماونەتەوە.

[b] بڕوانە یەکەم پاشایان ٨:‏٦١ و دووەم پوختەی مێژوو ٧.

[c] ١١ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

بەو قەڵا سەختە بۆ ڕزگارکردنم.
٣ لەبەر ئەوەی تاشەبەرد و قەڵای منی،
لە پێناوی ناوی خۆت ڕابەرایەتی و ڕێنمایيم بکە.
٤ لەو تەڵەیەی بۆم نراوەتەوە ئازادم بکە،
چونکە تۆ پەناگای منی.
٥ ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم،
ئەی یەزدان، خودای ڕاستی، بمکڕەوە.

٦ من ڕقم لەوانە دەبێتەوە کە دەست بە بتی پووچەوە دەگرن،
من متمانەم بە یەزدان هەیە.
٧ من بە خۆشەویستی نەگۆڕی تۆ شاد و دڵخۆش دەبم،
چونکە تۆ دەردی منت بینیوە و
لە تەنگانەدا گیانی منت ناسیوە.
٨ نەتخستوومەتە بەردەستی دوژمنان،
بەڵکو لەسەر شوێنێکی فراوان ڕاتگرتووم.

٩ ئەی یەزدان، لەگەڵم میهرەبان بە، چونکە لە تەنگانەدام.
چاوەکانم کزبوون لە خەفەتان،
ڕۆح و لەشم لە خەمان.
١٠ ژیانم بە خەم و خەفەت فەوتاوە،
ساڵانی تەمەنم بە ئاخ هەڵکێشان،
لەبەر دەرد و بەڵا هێزم لێ بڕاوە،
ئێسقانەکانم پووکاونەتەوە.
١١ بەهۆی دوژمنەکانمەوە،
بە تەواوی بوومەتە مایەی شەرمەزاری لای دراوسێکانم،
بوومەتە مایەی ترس بۆ ئاشناکانم،
ئەوانەی لە شەقامدا دەمبینن، لێم دوور دەکەونەوە.
١٢ لەبیرکراوم وەك ئەوەی مردبم،
وەك قاپێکی شکاوم بەسەرهاتووە.
١٣ چونکە گوێم لە چپەچپی زۆر کەس بووە،
«لە هەموو لایەکەوە ترس و تۆقین هەیە!»
هەموو پێکەوە پیلان لە دژم دەگێڕن،
بیر لەوە دەکەنەوە ژیانم لەناو ببەن.

١٤ بەڵام ئەی یەزدان، من پشتم بە تۆ بەستووە،
دەڵێم: «تۆ خودای منیت.»
١٥ ڕۆژگارم لەناو دەستی تۆدایە،
لە دەستی دوژمنان و
ئەوانەی ڕاوم دەنێن دەربازم بکە.
١٦ با ڕوخسارت بەسەر خزمەتکاری خۆتدا بدرەوشێتەوە،
بە خۆشەویستی نەگۆڕی خۆت ڕزگارم بکە.
١٧ با شەرمەزار نەبم ئەی یەزدان،
چونکە هاوار بۆ تۆ دەهێنم،
با بەدکاران شەرمەزار بن،
لەناو جیهانی مردووان خامۆش بن.
١٨ با زمانە درۆزنەکانیان لاڵ بێت،
چونکە بە فیز و وشەی ناشیرینەوە
سووکایەتی بە سەرڕاستان دەکەن.

١٩ چاکەت چەند مەزنە،
کە هەڵتگرتووە بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان لە دڵدایە،
ئەوەی بە بەرچاوی خەڵکەوە،
بەوانەی دەبەخشیت کە پەنات بۆ دەهێنن.
٢٠ لە پەنای خۆت دەیانشاریتەوە،
لە پیلانەکانی خەڵکی،
لەژێر سێبەری خۆت دەیانپارێزیت،
لە زمانی سکاڵاکەران.

٢١ ستایش بۆ یەزدان،
چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕە
سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی نیشاندام،
کاتێك لە شارێکی ئابڵۆقەدراو بووم.
٢٢ لە کاتی سەرلێشێوانم گوتم:
«لەبەرچاوت نەماوم!»
بەڵام تۆ گوێت لە دەنگی پاڕانەوەم گرت،
کە هاوارم بۆت هێنا.

[٢٣] ئەی هەموو خۆشەویستانی، یەزدانتان
خۆشبوێت!
یەزدان دڵسۆزەکان دەپارێزێت،
بەڵام بە تەواوی سزای لووتبەرزەکان دەدات.
[٢٤] ئازابن و دڵتان بەهێز بکەن،
ئەی هەموو ئەوانەی هیواتان بە یەزدان هەیە.

## زەبووری ٣٢

هۆنراوەیەکی داود.

[١] خۆزگە دەخوازرێ بەوەی لە یاخیبوونەکانی
بەخشراوە،
گوناهەکانی داپۆشراوە.
[٢] خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی
کە یەزدان تاوانی لەسەر ناژمێرێت و
لە ڕۆحەکەی بێ فێڵە.

[٣] کاتێك دانم بە گوناهەکانمدا نەنا،
ئێسقانەکانم پووکانەوە،
لە ناڵینم بە درێژایی ڕۆژ.
[٤] چونکە بە شەو و بە ڕۆژ،
دەستت بەسەر سەرمەوە قورس بوو،
تەڕێتیم گۆڕا بۆ وشکی هاوین.[a]

[٥] ئینجا لەلای تۆدا داندەنێم بە گوناهم و
تاوانم ناشارمەوە.
گوتم: «لەلای یەزدان داندەنێم بە یاخیبوونم.»
تۆش لە تاوانی گوناهم خۆشبوویت.

[٦] بۆیە با هەموو خواناسێك لێت بپاڕێتەوە
لە کاتی خۆی بتدۆزێتەوە،
بێگومان کە لافاو هەستا، نایگاتێ.
[٧] تۆ پەناگای منیت،
لە تەنگانە دەمپارێزی و
بە سروودی دەربازبوون دەورم دەدەیت.

[٨] خودا دەفەرموێت: «من فێرت دەکەم و
ڕێنماییت دەکەم بۆ ئەو ڕێگایەی کە
دەبێت پێیدا بڕۆیت،
ئامۆژگاریت دەکەم و چاودێریت دەکەم.
[٩] وەك ئەسپ و هێستر مەبە کە هیچ تێناگەن،
بەڵکو دەبێت لغاوی لە دەم بکرێت و جڵەوی
ڕابکێشرێت،
بۆ ئەوەی لێت نزیك ببێتەوە.
[١٠] بەدکارەکان ئازاریان زۆرە،
بەڵام ئەوەی پشت بە یەزدان ببەستێت،
خۆشەویستی نەگۆڕ دەوری دەدات.»

[١١] ئەی سەرڕاستەکان، شاد بن بە یەزدان و دڵخۆش
بن،
ئەی دڵڕاستەکان، گۆرانی بڵێن!

## زەبووری ٣٣

[١] ئەی سەرڕاستان گۆرانی شادی بۆ یەزدان بڵێن،
ستایشکردن لە دڵڕاستان دەوەشێتەوە.
[٢] بە ساز ستایشی یەزدان بکەن،
بە قیسارەی دە ژێیی مۆسیقای بۆ بژەنن.
[٣] سروودێکی نوێی بۆ بڵێن،
بە کارامەیی مۆسیقا بژەنن، بە هەلهەلەوە.

[٤] چونکە فەرمایشتی یەزدان ڕاستە،
لە هەموو کردارەکانی دڵسۆزە.
[٥] یەزدان ڕاستودروستی و دادپەروەری
خۆشدەوێت،
زەوی پڕ بووە لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی.

[٦] بە فەرمانی یەزدان ئاسمان دروستکرا،
بە هەناسەی دەمی هەموو ئەستێرەکانی
ئاسمان.
[٧] ئاوی دەریا وەك بەنداو کۆدەکاتەوە و
زەریاکان دەخاتە ناو ئەمبارەوە.
[٨] با هەموو زەوی لە یەزدان بترسێت،
با هەموو خەڵکی دنیا سام دایانگرێت!

[a] ٤ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٥ و ٧، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٩ چونکە کە فەرمووی، پەیدا بوو،
فەرمانی دا، بوو.
١٠ یەزدان پیلانی نەتەوەکانی پووچ کردەوە،
تەگبیری گەلانی هەڵوەشاندەوە.
١١ بەڵام پلانی یەزدان هەتاهەتایە دەمێنێت،
تەگبیری دڵی بۆ هەموو نەوەکانە.
١٢ خۆزگە دەخوازرێ بەو نەتەوەیەی کە یەزدانی خودایانە،
بەو گەلەی هەڵیبژاردووە بۆ میراتی خۆی.
١٣ یەزدان لە ئاسمانەوە دەڕوانێتە خوارێ،
هەموو ئادەمیزاد دەبینێت.
١٤ لە نشینگەکەی خۆیەوە
چاودێری هەموو دانیشتووانی زەوی دەکات.
١٥ ئەو کە شێوەی دڵی هەمووانی دروستکردووە،
ئاگاداری هەموو کردەوەکانیانە.
١٦ هیچ پاشایەك بە گەورەیی سوپاکەی ڕزگاری نابێت،
هیچ پاڵەوانێك بە هێزی بازووی دەرباز نابێت.
١٧ ئەسپ ئومێدێکی دۆڕاوە بۆ ڕزگار بوون،
بە توندی هێزی ناتوانێت کەس دەرباز بکات.
١٨ بەڵام یەزدان چاوی لەوانەیە کە ترسی ئەویان لە دڵدایە،
ئەوانەی هیوایان بە خۆشەویستی نەگۆڕی ئەوە.
١٩ بۆ ئەوەی لە مردندا فریایان بکەوێت و
لە قاتوقڕیدا ژیانیان دابین بکات.
٢٠ ئێمە بە ئومێدی چاوەڕوانی یەزدانین،
یەزدان یارمەتیدەر و قەڵغانمانە.
٢١ دڵمان بەو خۆشە،
چونکە ئێمە پشت بە ناوی پیرۆزی ئەو دەبەستین.
٢٢ ئەی یەزدان، با خۆشەویستی نەگۆڕت بەسەرمانەوە بێت،
بەگوێرەی هیوامان بە تۆ.

## زەبووری ٣٤

**زەبوورێکی داود، کاتێك لەبەردەم ئەبیمەلەخ خۆی کردە شێت،**
**ئەویش دەریکرد و داود ڕۆیشت.**[a]

١ هەموو کاتێك ستایشی یەزدان دەکەم،
هەمیشە ستایشی ئەو لەسەر لێوەکانمە.
٢ گیانم شانازی بە یەزدانەوە دەکات،
با ستەملێکراوان گوێیان لێ بێت و شاد بن.
٣ با پێکەوە یەزدان بە گەورە بزانین،
با بەیەکەوە ناوی بەرز بکەینەوە.
٤ ڕووم لە یەزدان کرد، یەزدان بە دەنگمەوە هات،
لە هەموو ترسەکانم فریام کەوت.
٥ ئەوانەی پشت بە یەزدان دەبەستن، دەدرەوشێنەوە،
ڕوویان هەرگیز شەرمەزاری پێوە نابێت.
٦ ئەم پیاوە ستەملێکراوە هاواری بۆ کرد، یەزدان گوێی لێ بوو،
لە هەموو گرفتەکانی ڕزگاری کرد.
٧ فریشتەی یەزدان دەوری ئەو کەسانە دەگرێت کە لێی دەترسن،
دەربازیان دەکات.
٨ تامی بکەن و ببینن کە یەزدان چاکە!
خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی پەنای بۆ دەبات.
٩ لە یەزدان بترسن ئەی گەلە پیرۆزەکەی،
چونکە ئەوانەی لێی دەترسن پێویستیان بە هیچ نابێت.
١٠ ڕەنگە شێرەکان تووشی برسێتی و لاوازی بن،
بەڵام ئەوانەی ڕوو لە یەزدان دەکەن پێویستیان بە شتی چاك نابێت.
١١ کوڕینە، وەرن گوێ لە من بگرن،
فێری لەخواترسیتان دەکەم.
١٢ چ کەسێکە ژیانی خۆشدەوێت و
ئارەزوو دەکات زۆر ڕۆژگاری خۆش ببینێت؟

[a] بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢١:١٠‏-٢٢:١.

١٣ زمانت لە خراپە بپارێزە و
لێوەکانت لە فێڵبازی.
١٤ لە خراپە دوور بە و چاکە بکە،
بەدوای ئاشتیدا بگەڕێ و کۆششی بۆ بکە.

١٥ چاوی یەزدان لەسەر ڕاستودروستانە و
گوێی لە پاڕانەوەکانیان ڕاگرتووە.
١٦ ڕووی یەزدان لە دژی خراپەکارانە،
تاکو یادەوەرییان لەسەر زەوی ببڕێتەوە.

١٧ سەرڕاستان هاوار دەکەن و یەزدان گوێی لێیان دەبێت،
لە هەموو تەنگانەکانیان دەربازیان دەکات.
١٨ یەزدان لە دڵشکاوان نزیکە و
ئەوانە ڕزگار دەکات کە ڕۆحیان وردوخاش بووە.

١٩ پیاوچاک گرفتی زۆر دەبێت،
بەڵام یەزدان لە هەمووی دەربازی دەکات،
٢٠ هەموو ئێسکەکانی دەپارێزێت،
هیچیان ناشکێنرێت.

٢١ بەدکاری بەدکاران لەناو دەبات،
ئەوانەی ڕقیان لە ڕاستودروستانە، تاوانبار دەکرێن.
٢٢ یەزدان گیانی خزمەتکارەکانی خۆی دەکڕێتەوە و
ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر یەزدان تاوانبار ناکرێن.

## زەبووری ٣٥

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، ململانێی ئەوانە بکە کە ململانێم لەگەڵ دەکەن،
لە دژی ئەوانە بجەنگە کە لە دژی من دەجەنگن.
٢ سپەر[a] بپۆشە و قەڵغان هەڵبگرە،
ڕاپەڕە و بگە فریام.
٣ ڕم ئاراستە بکە و تەور هەڵبگرە
لە دژی ئەوانەی ڕاوم دەنێن.
بە گیانم بڵێ: «من ڕزگاریی تۆم.»

٤ با ڕیسوا و شەرمەزار بن
ئەوانەی هەوڵی کوشتنم دەدەن،
با بەرەو پاش ببنەوە و ڕیسوا بن
ئەوانەی پیلان دادەنێن بۆ ڕاوکردنم.
٥ با وەك کای بەر بایان لێ بێت،
فریشتەی یەزدان ڕایانبماڵێت.
٦ با ڕێگایان تاریك و خلیسك بێت،
فریشتەی یەزدان ڕاویان بنێت.

٧ لەبەر ئەوەی بەبێ هۆ داویان بۆ نامەوە،
بەبێ هۆ چاڵیان بۆ هەڵکەندم،
٨ با ماڵوێرانی لەناکاو بەسەریاندا بدات،
با بەو داوەوە بن کە خۆیان ناویانەتەوە،
با بکەونە ئەو ماڵوێرانییە.
٩ ئەوسا گیانم بە یەزدان شاد دەبێت،
بە ڕزگارییەکەی دڵخۆش دەبێت.
١٠ هەموو ئێسقانەکانم هاوار دەکەن:
«ئەی یەزدان، کێ وەك تۆیە؟
تۆ داماو دەرباز دەکەیت لە دەست ئەوانەی کە لەو بەهێزترن،
هەژار و نەبوون لە دەست ئەوانەی دەیانڕووتێننەوە.»

١١ شایەتە دڵڕەقەکان ڕاست دەبنەوە،
پرسیاری شتی وا دەکەن کە ئاگام لێی نییە.
١٢ بەرامبەر بە چاکە خراپەم دەدەنەوە،
گیانم بە بێکەسی جێدەهێڵن.
١٣ بەڵام کاتێك ئەوان نەخۆش دەکەوتن، جلوبەرگی گوشم دەپۆشی،
بە ڕۆژووگرتن خۆمم نزم دەکردەوە.
کاتێك نوێژەکانم بەبێ وەڵام دەگەڕانەوە،
١٤ وەك ئەوەی دۆست و برام بێت،
پرسەدار بووم بۆی،

[a] ٢ یان زرێ: بەرگێکی کانزاییە کە لە کاتی شەڕ دەپۆشرێت.

وەك ئەوەی بۆ دایکم بلاوێنمەوە،
لە خەفەتان سەرم دانەواند بوو.
١٥ بەڵام کە کەوتم، ئەوان بە خۆشییەوە لە دژی من کۆبوونەوە،
کەسانێك بێ ئەوەی بیانناسم هێرشیان هێنایە سەرم و
بەبێ وەستان ئابڕوویان بردم.
١٦ وەك خوانەناسان بە خراپی گاڵتەجاڕی دەکەن،
ددانیان لێ جیڕەدەکردمەوە.

١٧ ئەی پەروەردگار، هەتا کەی تەماشا دەکەیت؟
گیانم دەرباز بکە لە دەست تێکدەرییان،
ژیانم لەو بەچکە شێرانە.
١٨ لەنێو کۆڕی گەورە سوپاست دەکەم،
لەنێو خەڵکێکی زۆر ستایشت دەکەم.
١٩ مەهێڵە ئەوانە پێم شاد بن،
کە بەبێ هۆ بوونەتە دوژمنم.
مەهێڵە ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە،
بە مەکرەوە چاو لە یەك دابگرن.
٢٠ ئەوانە قسە بۆ ئاشتی ناکەن،
بەڵکو درۆ دادەڕێژن
لە دژی ئەوانەی بە ئارامی دەژین لەسەر زەوی.
٢١ دەمیان لێم دەکەنەوە و دەڵێن:
«ئەها! بە چاوی خۆمان بینیمان.»

٢٢ ئەی یەزدان، تۆ ئەمەت بینی، بێدەنگ مەبە.
ئەی پەروەردگار، لێم دوور مەبە.
٢٣ هەستە و ڕاپەڕە بۆ دادم،
ئەی خودا و گەورەی من، بۆ مافم.
٢٤ ئەی یەزدان، خودای من، بەپێی ڕاستودروستی خۆت ئەستۆپاکیم بسەلمێنە،
مەهێڵە ئەوانە پێم شاد بن.
٢٥ مەهێڵە لە دڵی خۆیان بڵێن: «ئەمە مرازی ئێمەیە!»
یان بڵێن: «هەڵمانلووشی.»

٢٦ با هەموو ئەوانەی بە گرفتی من شاد دەبن،
تووشی شەرمەزاری و گومڕایی بن.
با هەموو ئەوانەی پۆز بەسەر مندا لێدەدەن،
بەرگی شەرمەزاری و ڕیسوایی بپۆشن.
٢٧ با ئەوانەی بە بێتاوانکردنی من دڵخۆشن،
گۆرانی خۆشی و شادی بڵێن.
با هەمیشە بڵێن: «یەزدان پایەبەرز بێت،
کە دڵخۆش دەبێت بە ئاشتی خزمەتکارەکەی.»

٢٨ زمانم باسی ڕاستودروستی تۆ دەکات و
بە درێژایی ڕۆژ ستایشت دەکات.

## زەبووری ٣٦

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داودی بەندەی یەزدانە.**

١ جاڕنامەیەك لە ناخی دڵمە
دەربارەی یاخیبوونی بەدکار:
ترسی خودای لەبەرچاو نییە.

٢ بە بەرچاوی خۆیەوە خۆی دەڕازێنێتەوە،
تاکو هەست بە گوناهی خۆی بکات و ڕقی لێ ببێتەوە.
٣ قسەی دەمی خراپە و تەفرەدانە،
دەستبەرداری وریایی و چاکی بووە.
٤ تەنانەت لەناو نوێنیش بیر لە پیلانی خراپە دەکاتەوە،
خۆی دەخاتە سەر ڕێگایەك کە باش نییە،
هەڵە ڕەت ناکاتەوە.

٥ ئەی یەزدان، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەگاتە ئاسمان،
دڵسۆزیت دەگاتە هەورەکان.
٦ ڕاستودروستییەکەت وەك چیا سەرکەشەکانە،
دادپەروەرییەکەت وەك دەریا گەورەکەی ژێر زەوییە[a].

---

[a] ٦ بەپێی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کۆن (دەریای ژێر زەوی) هەبوو کە سەرچاوەی کانیاو و ڕووبارەکان بوو.

ئەی یەزدان، تۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش ڕزگار
دەکەیت.
٧ ئەی خودایە، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت چەند
بەنرخە!
ئادەمیزاد لەژێر سێبەری باڵەکانت پەنا دەگرن.
٨ بە چەوری ماڵەکەت تێر دەبن،
تۆش پێیان دەدەیت لە ڕووباری خۆشییەکانت
بنۆشن،
٩ چونکە کانی ژیان لەلای تۆیە،
بە ڕووناکی تۆ ئێمە ڕووناکی دەبینین.

١٠ بەردەوامی بدە بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بۆ
ئەوانەی دەتناسن،
بە ڕاستودروستییەکەت بۆ ئەوانەی دڵڕاستن.
١١ با نەکەومە ژێر پێی پیاوی لووتبەرز،
دەستی بەدکاران وێڵم نەکات.
١٢ ببینە بەدکاران چۆن دەڕووخێن،
دەکەون و ناتوانن هەستنەوە!

## زەبووری ٣٧

زەبوورێکی داود.

١ بەهۆی خراپەکاران مەراق مەخۆ،
بەغیلی بە بەدکاران مەبە،
٢ چونکە وەک گیان، زوو وشک دەبن،
وەک گژوگیای سەوز زوو سیس دەبن.

٣ پشت بە یەزدان ببەستە و چاکە بکە،
لەسەر خاکەکە نیشتەجێ بە و چاودێری
دڵسۆزی بکە.
٤ خۆشی لە یەزدان ببینە،
داواکارییەکانی دڵت پێدەبەخشێت.

٥ ڕێگای خۆت بە یەزدان بسپێرە و
متمانەی پێ بکە و ئەو ئاوا دەکات:
٦ ڕاستودروستیت وەک ڕووناکی دەردەخات،
بێتاوانییەکەت وەک خۆری نیوەڕۆ.

٧ لەبەردەم یەزدان بێدەنگ بە و بە ئارامییەوە
چاوەڕێی بکە،
کاتێک ئەوانە لە ڕێگاکانیان سەردەکەون،
کاتێک فرتوفێڵەکانیان جێبەجێ دەکەن، مەراق
مەخۆ.

٨ لە تووڕەیی هێوربەوە و خۆت لە قین لابدە.
مەراق مەخۆ، دەنا بەرەو خراپەت دەبات.
٩ چونکە بەدکاران دوایان دەبڕدرێتەوە،
بەڵام ئەوانەی ئومێدیان بە یەزدانە، دەبنە
میراتگری خاکەکە.

١٠ پاش ماوەیەکی کەم بەدکار نامێنێت،
دەڕوانیتە شوێنەکەی، لەوێ نەماوە.
١١ بەڵام بێفیزەکان دەبن بە میراتگری خاکەکە و
خۆشی لە زۆری ئاشتی دەبینن.

١٢ خراپەکار پیلان لە دژی کەسی ڕاستودروست
دادەڕێژێت و
ددانی لێ جیڕدەکاتەوە،
١٣ بەڵام پەروەردگار پێی پێدەکەنێت،
چونکە دەزانێت ڕۆژی دێت.

١٤ بەدکاران شمشێر هەڵدەکێشن و
کەوانەکانیان دەچەمێننەوە،
بۆ ئەوەی هەژار و نەدارەکان بپێکن،
بۆ سەربڕینی ئەوانەی ڕێگایان ڕاستە.
١٥ بەڵام شمشێرەکانیان دەچێتە ناو دڵی خۆیان،
کەوانەکانیان تێکدەشکێت.

١٦ ئەو کەمەی کە کەسی ڕاستودروست هەیەتی،
لە سامانی گەلێک بەدکاران باشترە،
١٧ چونکە بەدکارەکان بازوویان دەشکێت،
بەڵام یەزدان پشتی ڕاستودروستان دەگرێت.

١٨ یەزدان تەمەنی ئەوانە دەزانێت کە بێ
کەموکوڕین،
هەتاهەتایە میراتیان دەمێنێت.
١٩ لە ڕۆژگاری بەڵا شەرمەزار نابن،
لە ڕۆژگاری قاتوقڕیدا تێر دەبن.

٢٠ بەڵام بەدکاران دەفەوتێن،
دوژمنەکانی یەزدانیش وەک گوڵی کێوی
لەناودەچن،
وەک دووکەڵ لەناودەچن.

٢١ بەدکاران قەرز دەکەن و پێیان نادرێتەوە،
بەڵام ڕاستودروستەکان بە دڵفراوانییەوە
دەبەخشن.
٢٢ ئەوانەی یەزدان بەرەکەتداری کردوون دەبن بە
میراتگری خاکەکە،
بەڵام ئەوانەی بەر نەفرەتی کەوتوون دوایان
دەبڕدرێتەوە.

٢٣ یەزدان هەنگاوەکانی مرۆڤ دەچەسپێنێ،
بە ڕێگاکەی دڵخۆش دەبێ.
٢٤ ئەگەر پێی بخزێت، ناکەوێت،
چونکە یەزدان بە دەستی خۆی پشتی دەگرێت.

٢٥ من گەنج بووم و ئێستا پیرم،
هەرگیز نەمبینی ڕاستودروست وازی لێ
بهێنرێت،
یان منداڵەکانی سواڵی نان بکەن.
٢٦ هەردەم دڵفراوانە و قەرز دەدات،
منداڵەکانیشی بەرەکەتدار دەبن.

٢٧ لە بەدکاری لابدە و چاکە بکە،
ئینجا هەتاهەتایە لە خاکەکە نیشتەجێ
دەبیت.
٢٨ چونکە یەزدان حەز لە دادپەروەری دەکات،
واز لە خۆشەویستانی ناهێنێ.

هەتاهەتایە دەپارێزرێن،
بەڵام منداڵەکانی بەدکاران دوایان دەبڕدرێتەوە.
٢٩ ڕاستودروستان دەبن بە میراتگری خاکەکە و
هەتاهەتایە لەسەری نیشتەجێ دەبن.

٣٠ دەمی پیاوچاک بە دانایی دەدوێت،
زمانیشی باسی دادپەروەری دەکات.
٣١ فێرکردنی[a] خودای خۆی لەناو دڵ،
بۆیە پێی ناخلیسکێت.
٣٢ بەدکار خۆی مات دەکات بۆ ڕاستودروست،
هەوڵدەدات بیکوژێت،
٣٣ بەڵام یەزدان لەبەردەستی بەجێی ناهێڵێت،
ناهێڵێ لە دادگاش تاوانبار بکرێت.

٣٤ چاوەڕێی یەزدان بکە و
ڕێگای ئەو بگرە.
ئەویش بەرزت دەکاتەوە و دەتکات بە میراتگری
زەوی،
کاتێک بەدکاران دوایان دەبڕدرێتەوە،
دەیانبینیت.

٣٥ بەدکارم دی بێ ویژدان بوو،
وەک دار ئورزێکی سەوز لە خاکێکی بەپیت
گەشەی دەکرد،
٣٦ بەڵام زوو تێپەڕی و نەما،
هەرچەند بۆی گەڕام بەڵام دیار نەبوو.

٣٧ بڕوانە مرۆڤی بێ کەموکوڕی، سەیری مرۆڤی
ڕاست بکە،
مرۆڤی ئاشتیخواز دواڕۆژی هەیە.
٣٨ بەڵام هەموو یاخیبووەکان لەناودەچن،
دواڕۆژی بەدکاران دەبڕدرێتەوە.

٣٩ ڕزگاریی ڕاستودروستان لەلایەن یەزدانەوە دێت،
ئەو قەڵای ئەوانە لە کاتی تەنگانە.
٤٠ یەزدان یارمەتییان دەدات و دەربازیان دەکات،
لە بەدکاران دەربازیان دەکات و ڕزگاریان
دەکات،
چونکە پەنا بۆ ئەو دەبەن.

## زەبووری ٣٨

**زەبوورێکی داود، بۆ یادکردنەوە.**

١ ئەی یەزدان، بە تووڕەیی خۆت سەرزەنشتم
مەکە،
بە ڕقی خۆت تەمبێم مەکە.

[a] ٣١ تەورات.

٢ چونکە تیرەکانت منیان پێکا،
دەستت منی خستە خوارەوە.
٣ بەهۆی تووڕەیی تۆوە تەندروستی لە لەشمدا نەماوە،
بەهۆی گوناهمەوە ساغی لە ئێسقانەکانمدا نەماوە.
٤ تاوانەکانم بەسەر سەرم کەوتوون،
وەک بارێکی گران کە توانام نییە هەڵیبگرم.

٥ برینەکانم بۆگەن بوون و چڵکیان کردووە،
بەهۆی گێلایەتی خۆم.
٦ پشتم چەماوەتەوە و کووڕ بوومەتەوە،
بە درێژایی ڕۆژ ماتەم دەگێڕم.
٧ کەلەکەم[a] پڕ بووە لە ژانێکی سووتێنەر،
تەندروستی لە لەشمدا نەماوە.
٨ بە تەواوی تێکشکاوم و بێهێز بووم،
لەبەر نەهامەتی دڵم هەر دەناڵێنم.

٩ ئەی پەروەردگار، هەموو ئارەزووەکانم لەپێش چاوتە،
ئاخ هەڵکێشانم لە تۆ شاردراوە نییە.
١٠ دڵەکوتێمە و هێزم لەبەر بڕاوە،
تەنانەت ڕووناکیش لە چاوانم بڕاوە.
١١ لەبەر برینەکانم دۆست و برادەرەکانم خۆیان لێم دەپارێزن،
خزمانم لێم دوور دەکەونەوە.
١٢ ئەوانەی بەدوای ژیانی منەوەن تەڵە دەنێنەوە،
ئەوانەی دەیانەوێت ئازارم بدەن باسی تێکشکانم دەکەن،
بە درێژایی ڕۆژ بیر لە فرتوفێڵ دەکەنەوە.

١٣ بەڵام من وەک کەڕ وام، گوێم لێ نابێت،
وەک لاڵ وام، ناتوانم دەمم بکەمەوە.
١٤ وەک کەسێکم لێ هاتووە کە نابیستێت،
هیچ بەهانەیەکیشی لە دەمی نەبێت.
١٥ ئەی یەزدان، چاوەڕێی تۆ دەکەم،
ئەی خودای پەروەردگارم، تۆ وەڵام دەدەیتەوە.

[a] ٧ قەبرغەم.

١٦ چونکە گوتم: «مەهێڵە پێم خۆش بن،
یان کاتێک پێم دەخلیسکێت خۆیان بە گەورە بزانن لە سەرم.»

١٧ چونکە خەریکە دەکەوم،
هەمیشە ئازارەکانم لەگەڵمە.
١٨ دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم،
بە گوناهی خۆم خەمبار دەبم.
١٩ دوژمن چالاک و بەهێزن،
ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە زۆرن.
٢٠ ئەوانەی بەرامبەری چاکە خراپەم دەدەنەوە،
دژایەتیم دەکەن، چونکە دوای چاکە کەوتووم.

٢١ ئەی یەزدان، پشتگوێم مەخە،
ئەی خودای من، لێم دوور مەکەوە.
٢٢ ئەی پەروەردگاری ڕزگارکەرم،
خێرا بگە فریام.

## زەبووری ٣٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بۆ یەدوتون[b] زەبوورێکی داود.**

١ گوتم: «چاودێری ڕێگای خۆم دەکەم و
زمانی خۆم لە گوناه دەپارێزم.
ئەوەندەی بەدکار لەبەردەممە،
دەمم بە لغاو دەبەستم.»
٢ بەڵام کاتێک کپ و بێدەنگ بووم،
تەنانەت شتی چاکیشم نەدەگوت،
ئازارم زیاد بوو.
٣ دڵم لە ناخمەوە قوڵپی دەدا،
هەروەها کە نوقومی بیرکردنەوە دەبووم، گڕم دەگرت،
ئەوسا بە زمانم هاتمە قسەکردن:

٤ «ئەی یەزدان، کۆتایی ژیانی خۆم پیشان بدە،
هەروەها ڕۆژەکانی ژیانم چەندە،

[b] یەکێک بووە لە ڕابەرانی ستایش لە پەرستگا. بڕوانە یەکەم پوختەی مێژوو ١٦:‏٤١-٤٢.

بۆ ئەوەی بزانم من چ فەوتاوێکم.
٥ بەڕاستی ڕۆژگاری منت کردووە بە بستێك،
تەمەنم لەبەرچاوت وەك هیچە.
ژیانی هەر مرۆڤێك تەنها هەناسەیەکە.[a]
٦ «بەڕاستی مرۆڤ وەك سێبەر دێت و دەچێت،
ڕەنج دەدات، بەڵام بێگومان بێهوودەیە،
سامان کۆدەکاتەوە، نازانێت دوای خۆی بۆ کێ دەبێت.
٧ «ئێستاش ئەی پەروەردگار، من چاوەڕێی چی بکەم؟
هیوای من بە تۆیە.
٨ لە هەموو سەرپێچییەکانم ڕزگارم بکە،
مەمکە بە گاڵتەجاڕی گێلەکان.
٩ بێدەنگ بووم، دەمم ناکەمەوە،
چونکە تۆ ئەوەی کە ئەمەت کردووە.
١٠ بەڵای خۆت لەسەر من لابدە،
بە زەبرەکانی دەستی تۆ فەوتام.
١١ مرۆڤ بە سەرزەنشتکردنی لەبەر گوناهەکانی تەمبێ دەکەیت،
وەك مۆرانە سامانی ئەو لەناودەبەیت،
هەر مرۆڤێك تەنها هەناسەیەکە.
١٢ «ئەی یەزدان، گوێ لە نوێژم بگرە،
گوێ لە هاوارم بگرە،
لە ئاست گریانم گوێت دامەخە،
چونکە لەلای تۆ وەك نامۆیەکم،
میوانم وەك هەموو باوباپیرانم.
١٣ ڕووی گرژت لە من وەرگێڕە، هەتا شادمان ببمەوە،
پێش ئەوەی بڕۆم و نەمێنم.»

[a] ٥ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ١١، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

## زەبووری ٤٠

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان زەبوورێکی داود.**

١ بە پشوودرێژییەوە چاوەڕێی یەزدانم کرد،
ئاوڕی لێ دامەوە و گوێی لە هاوارم بوو.
٢ لەناو چاڵی لەناوچوون هەڵیکێشامە دەرەوە،
لەناو قوڕ و زەلکاو دەریهێنام.
پێیەکانمی لەسەر تاشەبەرد دانا و
هەنگاوەکانی منی توندوتۆڵ کرد.
٣ گۆرانییەکی نوێی خستە ناو دەمم،
سروودێکی ستایش بۆ خودامان.
زۆر کەس ئەمە دەبینن و دەترسن و
پشت بە یەزدان دەبەستن.
٤ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی
پشت بە یەزدان دەبەستێت،
ڕوو لە لووتبەرزان ناکات،
لەوانەی ڕوویان وەرگێڕاوە بەرەو درۆ.
٥ ئەی یەزدان، خودای من،
زۆرن ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە کردووتە.
ئەو شتانەی بۆ ئێمە نەخشەت کێشاوە
کەس ناتوانێت بیانژمێرێت بۆت،
ئەگەر باسیان بکەم و بیانگێڕمەوە،
ئەوەندە زۆرن نایەنە ژماردن.
٦ بە قوربانی و پێشکەشکراو ڕازی نەبوویت،
بەڵکو گوێی منت کردەوە،
داوای قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناهت نەکرد.
٧ ئینجا گوتم: «ئەوەتا هاتم،
هەروەك لە تۆمارەکەدا لەسەرم نووسراوە.[b]
٨ ئەی خودای من، شادمانیم لەوەدایە کە خواستی تۆ بەجێبهێنم،
فێرکردنی تۆ لە ناخی دڵمدایە.»
٩ لەناو کۆمەڵی گەورە ڕاستودروستی ڕادەگەیەنم،

[b] ٧ بڕوانە دواوتار ١٧:١٨-٢٠

ئەی یەزدان، تۆ خۆت دەزانیت،
دەمی خۆم ناگرم.
١٠ ڕاستودروستیت لەناو دڵم کپ ناکەمەوە،
باسی دڵسۆزیت و ڕزگاریت دەکەم.
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت و ڕاستییەکەت لەناو
کۆمەڵی گەورە ناشارمەوە.

١١ ئەی یەزدان، بەزەیی خۆتم لەسەر لامەبە،
با خۆشەویستییە نەگۆڕ و ڕاستییەکەت
هەمیشە بمپارێزێت.
١٢ چونکە بێشومارە بەڵا دەوری داوم،
گوناهەکانم بە شێوەیەك گرفتاریان کردووم
ناتوانم ببینم.
لە مووی سەرم زیاترن،
ورەم بەرداوە.
١٣ یەزدان، ڕازیبە بۆ دەربازکردنم،
یەزدان، خێرابە بۆ یارمەتیدانم.

١٤ با هەموو شەرمەزار و سووك بن،
ئەوانەی گیانی منیان دەوێت بۆ لەناوبردنی.
ببەزن و ڕیسوا بن
ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت.
١٥ با لە شەرمەزارییان بپەشۆکێن،
ئەوانەی بە من دەڵێن: «هۆی ها! هۆی ها!»
١٦ با هەموو ئەوانەی تۆیان دەوێت،
شاد و دڵخۆش بن.
با هەمیشە بڵێن: «مەزن بێت یەزدان!»
ئەوانەی حەز لە ڕزگاریی تۆ دەکەن.

١٧ بەڵام سەبارەت بە من، هەژار و نەدارم،
با پەروەردگار بایەخم پێبدات.
یارمەتی و دەربازکەرم تۆی،
ئەی خودای من، دوا مەکەوە.

## زەبووری ٤١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود.**

١ خۆزگە دەخوازرێ بەوەی ئاوڕ لە هەژار دەداتەوە،
یەزدان لە ڕۆژی تەنگانەدا ڕزگاری دەکات.
٢ یەزدان دەیپارێزێت و ژیانی دەبووژێنێتەوە،
لەسەر زەوی خۆشحاڵی دەکات و
نایداتە دەست حەزی دوژمنەکانی.
٣ یەزدان لە کاتی لاوازی پاڵپشتی دەکات و
لە کاتی نەخۆشی دەیبووژێنێتەوە.

٤ گوتم: «ئەی یەزدان، لەگەڵم میهرەبان بە،
چارەسەرم بکە، چونکە گوناهم دەرهەق بە تۆ کردووە.»
٥ دوژمنەکانم دەربارەی من قسەی خراپ دەکەن:
«کەی دەمرێت و ناوی دەسڕێتەوە؟»
٦ کاتێك یەکێکیان بۆ دیدەنیم بێت،
بە درۆ قسە دەکات، بوختان لە دڵی کۆدەکاتەوە،
کە دەچێتە دەرەوەش بڵاوی دەکاتەوە.

٧ هەموو دوژمنەکانم چرپەچرپ دەکەن،
پیلان دژم دەگێڕن، دەڵێن:
٨ «دەردێکی کوشندە تەنگی پێ هەڵچنیوە،
لەکوێ بکەوێ هەستانەوەی نابێت.»
٩ تەنانەت ئەو برادەرە نزیکەشم کە متمانەم پێی هەبوو،
ئەوەی نمەکی کردووم، ناپاکی لەگەڵم کرد.[a]

١٠ بەڵام تۆ ئەی یەزدان، لەگەڵم میهرەبان بە،
هەڵمستێنەوە بۆ ئەوەی تۆڵەیان لێ بکەمەوە.
١١ بەمە دەزانم تۆ لێم ڕازیت،
چونکە دوژمنەکەم هاواری سەرکەوتن ناکات بەسەرمدا.

[a] ٩ ناپاکی لەگەڵم کرد: لە زمانی عیبری نووسراوە: (پاژنەپێی لێ بەرز کردمەوە)، کە دەربڕینێکی عیبرییە بە واتای ناپاکی.

١٢ بەهۆی ئەوەی من دروستم، تۆ پاڵپشتیم
دەکەیت و
لەپێش خۆت ڕامدەگریت، هەتاهەتایە.
١٣ ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل،
لە ئەزەلەوە هەتا هەتاهەتایە.
ئامین و ئامین.

## کۆکراوەی بەشی دووەم

## زەبوورەکانی ٤٢-٧٢

## زەبووری ٤٢

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، هۆنراوەیەکی کوڕانی قۆرەح**

١ چۆن ئاسك بە پەرۆشە بۆ ئاوی ڕووبار،
ئەی خودایە، گیانی منیش بە پەرۆشە بۆ تۆ.
٢ گیانم تینووی خودایە، خودای زیندوو.
کەی دێم و بە دیداری خودا شاد دەبم[a]؟
٣ بە شەو و ڕۆژ فرمێسکەکانم بوون بە خۆراکم،
لە کاتێکدا بە درێژایی ڕۆژ پێم دەڵێن: «کوا
خوداکەت؟»
٤ هەناوم دەتوێتەوە ئەو کاتەی دێتەوە یادم:
چۆن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا دەڕۆیشتین،
بەرەو ماڵی خودا پێشڕەویانم دەکرد،
بە هەلهەلە و ستایشکردنەوە لەناو کۆمەڵی
جەژنگێڕان.

٥ ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟
بۆ لە ناخمدا پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت،
چونکە هەر ستایشی ئەو دەکەم،
ئەو ڕزگارکەر و خودامە.

٦ گیانم خەمبارە لە ناخم،
بۆیە یادت دەکەمەوە
لە لای ڕووباری ئوردون،

[a] ٢ لە ئەمادەگی خودا لە پەرستگا دەبم.

لە بەرزاییەکانی حەرمۆنەوە[b]، لە کێوی
میچعارەوە.
٧ قووڵایی بانگی قووڵایی دەکات،
بە دەم خوڕەی تاڤگەکانتەوە،
هەموو شەپۆلەکانت و تەوژمەکانت بەسەرمدا
کەوتوون.

٨ بە ڕۆژ یەزدان خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی
ئاراستە دەکات،
بە شەویش سروودی ئەو لەسەر لێومە،
نوێژێکە بۆ خودای ژیانم.

٩ خودا، کە تاشەبەردی منە، پێی دەڵێم:
«بۆچی لە یادت کردووم؟
بۆچی دەبێت بناڵێنم،
بچەوسێمەوە بە دەست دوژمنانم؟»
١٠ بە تێکشکانی ئێسقانەکانم
ناحەزانم توانجم تێدەگرن،
بە درێژایی ڕۆژ پێم دەڵێن: «کوا خوداکەت؟»

١١ ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟
بۆ لە ناخمەوە پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت،
چونکە من هەر ستایشی ئەو دەکەم،
ئەو ڕزگارکەر و خودامە.

## زەبووری ٤٣

١ ئەی خودایە، ئەستۆپاکیم بسەلمێنە،
پارێزگاریم لێ بکە لە نەتەوەیەکی خوانەناس،
لە پیاوی فێڵباز و لە زۆردار دەربازم بکە.
٢ تۆ خودا و قەڵای منی.
بۆ وازت لێ هێنام؟
بۆچی دەبێت بناڵێنم،
بچەوسێمەوە بە دەست دوژمنانم؟
٣ ڕووناکی و ڕاستی خۆت بنێرە،

[b] ٦ بەرزترین شاخە لە سوریا، نزیکە ٧٥ کم لە باکووری دەریاچەی جەلیل بووە.

ئەوان ڕابەرایەتیم دەکەن،
ئەوان دەمهێننە کێوی پیرۆزت،
بۆ نشینگەکەت.
٤ ئەوسا دێم بۆ قوربانگای خودا،
خودای خۆشی و دڵشادیم،
خودایە، خودای من، بە قیسارەوە ستایشت
دەکەم.

٥ ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟
بۆ لە ناخمەوە پەرێشانیت؟
ئومێدت بە خودا هەبێت،
چونکە هەر ستایشی ئەو دەکەم،
ئەو ڕزگارکەر و خودامە.

## زەبووری ٤٤

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، هۆنراوەیەکی کوڕانی قۆرەح.**

١ خودایە، بە گوێی خۆمان بیستمان،
باوباپیرانمان پێیان ڕاگەیاندین
تۆ لە ڕۆژگاری ئەوان،
لە ڕۆژگاری کۆن چیت کردووە.
٢ بە دەستی خۆت نەتەوەکانت ڕیشەکێش کرد و
باوباپیرانی ئێمەت چاند،
گەلانت وردوخاش کرد و
گەشەت بە باوباپیرانمان دا.
٣ ئەوان بە شمشێری خۆیان دەستیان بەسەر خاکدا
نەگرت،
بە بازووی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەست
نەهێنا.
بەڵکو دەستە ڕاستی تۆ بوو، بازووی تۆ بوو،
هەروەها ڕووناکی ڕوخساری تۆ بوو، چونکە
ئەوانت خۆشویست.

٤ تۆ پاشا و خودای منی،
تۆی فەرمانی ڕزگاری دەدەیت بۆ یاقوب.
٥ لە ڕێگەی تۆوە دوژمنەکانمان دەبەزێنین،
بە ناوی تۆوە ناحەزەکانمان پێشێل دەکەین.

٦ من پشت بە کەوانەکەم نابەستم،
شمشێرەکەم ڕزگارم ناکات.
٧ بەڵام تۆ لە دوژمنەکانمان ڕزگارت کردین،
تۆ ناحەزەکانی ئێمەت ڕیسوا کرد.
٨ بە درێژایی ڕۆژ شانازی بە خوداوە دەکەین،
هەتاهەتایە ستایشی ناوت دەکەین. [a]

٩ بەڵام ئێستا وازت لێ هێناوین و ڕیسوات کردین،
لەگەڵ سوپاکانمان دەرناچیت.
١٠ وات لێکردین لەبەر دوژمنەکانمان ڕابکەین،
ناحەزەکانمان تاڵانیان کردین.
١١ وەك مەڕ بۆ سەربڕین بەدەستەوەت داین،
لەنێو نەتەوەکان پەرشوبڵاوت کردینەوە.
١٢ گەلی خۆتت هەرزان فرۆش کردووە،
قازانجت لە فرۆشتنەکەیان نەکردووە.

١٣ لەلای نەتەوەکانی دراوسێمان ئێمەت کردووە بە
مایەی ڕیسوایی،
بە مایەی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن
لەلای ئەوانەی دەوروبەرمان.
١٤ ئێمەت کردووە بە پەندی نەتەوەکان،
خەڵکی سەریان بادەدەن لە ئاستمان.
١٥ ڕیسواییم بە درێژایی ڕۆژ لەپێشمە،
شەرمەزاریم ڕووی داپۆشیوم،
١٦ لەبەر دەنگی توانج لێدەر و جنێو پێدەرم،
لە ڕووی دوژمن و تۆڵەسێنەر.

١٧ ئەمانەمان هەمووی بەسەرهاتووە،
لەگەڵ ئەوەشدا تۆمان لەبیر نەکردووە،
پەیمانی تۆمان نەشکاندووە.
١٨ دڵمان پاشگەز نەبووەتەوە،
پێیەکانمان ڕێگای تۆیان بەرنەداوە.
١٩ بەڵام تۆ وردوخاشت کردین و ئێمەت کردە
جێگای چەقەڵ،
بە سێبەری مەرگ داتپۆشین.

---

[a] ٨ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٢٠ ئەگەر ناوی خودای خۆمان لەبیر بکردایە،
یان دەستمان لەبەر خوداوەندێکی بیانی پان بکردایەوە،
٢١ ئایا لەلای خودا ئاشکرا نەدەبوو،
چونکە هەموو نهێنییەکانی دڵ دەزانێت؟
٢٢ لەگەڵ ئەمەشدا لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ
ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە،
وەك مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.

٢٣ ئەی پەروەردگار، بەئاگا بە! بۆ خەواڵوو بوویت؟
هەستە! هەتاهەتایە وازمان لێمەهێنە.
٢٤ بۆچی ڕووی خۆتمان لێ دەشاریتەوە؟
بۆچی تەنگانە و چەوسانەوەمان لەبیردەکەیت؟

٢٥ گیانمان بەرەو خاك شۆڕ بووەتەوە،
سکمان بە زەوییەوە نووساوە.
٢٦ ڕاپەڕە! بگە فریامان!
لەبەر خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بمانکڕەوە.

## زەبووری ٤٥

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئاوازی گوڵی سەوسەن.**

**هۆنراوەیەکی کوڕانی قۆرەح. گۆرانی زەماوەند.**

١ دڵم بە قسەی باش دەجۆشێت،
کاتێك هۆنراوەکانم بۆ پاشا دەخوێنمەوە،
زمانم پێنووسی نووسەرێکی کارامەیە.

٢ تۆ جوانترینی لەناو ئادەمیزاد و
نیعمەت بەسەر لێوتدا باریوە،
چونکە خودا بۆ هەتاهەتایە بەرەکەتداری کردوویت.

٣ ئەی توانادار، شمشێرەکەت بەلای ڕانتەوە بکە،
شکۆمەندی و پایەبەرزی لەبەر بکە.
٤ بە شکۆمەندی خۆت سەرکەوتووانە سواربە،
لە پێناوی ڕاستی و نەرمونیانی و دادپەروەری،
با دەستی ڕاستت شتی سامناك بخاتە پێش چاو.

٥ با تیرە تیژەکانت دڵی دوژمنانی پاشا کون بکەن،
با گەلان لەبەر پێت بکەون.
٦ ئەی خودایە، تەختی تۆ بۆ هەتاهەتاییە،
گۆچانی شانشینیت گۆچانی دادپەروەرییە.
٧ تۆ حەزت لە ڕاستودروستییە و ڕقت لە خراپەیە،
بۆیە خودا، خودای خۆت، لە سەرووی هاوەڵەکانتەوە دایناى،
بە ڕۆنی شادی دەستنیشانی کردیت[a].
٨ جلوبەرگت هەمووی بە بۆنی مور و ئەلوا[b] و کاسیا[c] بۆندار بووە،
لە کۆشکی بە عاج[d] ڕازاوەوە دەنگی مۆسیقا دڵخۆشت دەکات.
٩ لەناو ژنە خانەدانەکانت شازادە هەن
شاژنیش بە بەرگی زێڕی ئۆفیرەوە[e] لەلای دەستە ڕاستتە.

١٠ ئەی کچ، گوێ بگرە، لەبەرچاوتی بگرە و گوێ شل بکە،
گەلەکەت و بنەماڵەکەت لەبیر بکە.
١١ پاشا تامەزرۆی جوانی تۆیە،
کڕنۆشی بۆ ببە، چونکە گەورەی تۆیە.
١٢ دانیشتووانی شاری سور[f] بە دیارییەوە دێن،
خاوەن سامانەکان ڕەزامەندی تۆیان دەوێت.
١٣ کچی پاشا لە ماڵی خۆی بە تەواوی شکۆدارە،
جلوبەرگەکەی بە زێڕ چنراوە.
١٤ بە کراسێکی نەخشێنراوەوە بۆ لای پاشا دەیبەن،

---

[a] ٧ دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ ئەرکێکی ئایینی یان پاشایەتی ئەو کاتە بە چەورکردنی بووە بە ڕۆن.
[b] ٨ ڕووەکێکی دڕکاوییە وەك سەبار، شلەیەکی تێدایە بۆ پێست باشە.
[c] ٨ دارێکە بۆ بۆنخۆشی بەکاردێت.
[d] ٨ عاج، دوو قۆچە گەورەکەی فیل، دەتاشرێن بۆ دروستکردنی پەیکەر و شتی دیکە بۆ ڕازاندنەوەی ناو ماڵ.
[e] ٩ ڕەنگە وڵاتی یەمەن بێت، بە چاکی جۆری زێڕەکەی بەناوبانگ بووە.
[f] ١٢ مەبەست لە دانیشتووانی شاری سورە، کە شارێکی فینیقی زۆر بەناوبانگ و زۆر کۆنە.

یاوەرە پاکیزەکانی بەدوایەوە بۆ لای تۆ[a] دێنن.
١٥ بە شادی و خۆشییەوە دەیانهێنن،
دێنە ناو کۆشکی پاشا.

١٦ کوڕەکانت جێی باوکانیان دەگرنەوە،
دەیانکەیتە میری سەرانسەری زەوی.

١٧ یادی ناوت دەکەمەوە نەوە دوای نەوە،
بۆیە نەتەوەکان هەتاهەتایە ستایشت دەکەن.

## زەبووری ٤٦

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بۆ کوڕانی قۆرەح. گۆرانییەك بە شێوەی عەلامۆت[b].**

١ خودا پەناگا و هێزمانە،
لە تەنگانەدا بەهاناوە دێت.
٢ بۆیە ترسمان نییە ئەگەر زەویش بلەرزێت،
ئەگەر چیاکانیش بکەونە ناو قووڵایی دەریاکانەوە،
٣ ئەگەر ئاوەکەشی بجۆشێت و کەف بکات،
چیاکانیش لە سەرکێشی ئەو بلەرزن. [c]
٤ ڕووبارێك هەیە جۆگەکانی شاری خودا[d] شاد دەکات،
ئەو شوێنە پیرۆزەی کە هەرەبەرز تێیدا نیشتەجێیە.
٥ خودا لەناوەڕاستدایە، بۆیە هەرگیز ناکەوێت،
لەگەڵ بەرەبەیاندا خودا بەهاناوە دێت.
٦ نەتەوەکان هەڵدەچن و شانشینەکان دەکەون،
خودا دەنگی بەرز دەکاتەوە و زەوی دەتوێتەوە.

٧ یەزدانی سوپاسالار لەگەڵمانە،

[a] ١٤ تۆی پاشا.
[b] جۆرە ئاوازێکە، واتە بە دەنگی کچان.
[c] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٧ و ١١، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[d] ٤ ئۆرشەلیم، بڕوانە ئاشکراکردن ٢١، حزقییێل ٤٠.

خودای یاقوب پەناگامانە.
٨ وەرن سەیری کردارەکانی یەزدان بکەن،
ئەو وێرانکارییەکانی بەسەر زەویدا هێناوە.
٩ جەنگەکان ڕادەگرێت هەتا ئەوپەڕی جیهان،
کەوانەکان دەشکێنێت و ڕمەکان پارچەپارچە دەکات،
گالیسکەکان بە ئاگر دەسووتێنێت.
١٠ «هێوربنەوە، بزانن کە من خودام،
لەنێو نەتەوەکان پایەم بەرز دەبێتەوە،
لەسەر زەوی بەرز دەبمەوە.»[e]

١١ یەزدانی سوپاسالار لەگەڵمانە،
خودای یاقوب پەناگامانە.

## زەبووری ٤٧

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان،**

**زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح.**

١ ئەی هەموو نەتەوەکان، چەپڵە لێبدەن،
بە هاواری شادییەوە هوتاف بۆ خودا بکێشن.
٢ چونکە یەزدانی هەرەبەرز بە سامە،
پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو زەوییەوە.
٣ نەتەوەکانی خستە ژێر دەستمان،
گەلانی خستە ژێر پێمان.
٤ میراتی بۆ هەڵبژاردین،
کە شانازی یاقوبە[f]، ئەوانەی خۆشویست.[g]
٥ لەناو هوتافی شادی خودا بەرزبووەوە[h]،
یەزدان بەرزبووەوە، لەگەڵ دەنگی کەڕەنا.
٦ گۆرانی ستایش بۆ خودا بڵێن، گۆرانی ستایش،

[e] ١٠ خودا بۆ نەتەوەکان قسە دەکات.
[f] ٤ مەبەستی لە نەوەی یاقوبە.
[g] ٤ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[h] ٥ بۆ تەختی خۆی، لە کاتی هاتنی سندوقی پەیمان بۆ ناو پەرستگا.

گۆرانی ستایش بۆ پاشامان بڵێن، گۆرانی
ستایش.
٧ چونکە خودا پاشای هەموو زەوییە،
هۆنراوەی ستایشی بە گۆرانی بۆ بڵێن.

٨ خودا پاشایەتی نەتەوەکان دەکات،
خودا لەسەر تەختی پیرۆزی خۆی دادەنیشێت.
٩ سەروەرانی گەلان وەک گەلی خودای ئیبراهیم
کۆبوونەوە،
چونکە پاشاکانی[a] زەوی هی خودان،
ئەو پایەی زۆر بەرزبووەوە.

## زەبووری ٤٨

**گۆرانییەک، زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح.**

١ یەزدان مەزنە و شایانی هەموو ستایشێکە،
لە شاری خودامان، لە کێوی پیرۆزی خۆی.

٢ کێوی سییۆن جوانە لە بەرزاییدا،
خۆشی هەموو زەوییە،
وەک لووتکەی شاخی چافۆن[b]،
شاری پاشای گەورەیە[c].
٣ خودا لەناو قەڵاکانی
وەک پەناگایەک ناسراوە.

٤ ئەوەتا پاشاکان هێزیان کۆکردەوە،
ئەوەتا پێکەوە هاتنە پێشەوە،
٥ کە بینییان تاسان،
بە ترسەوە هەڵاتن.
٦ لەوێ لەرزیان لێهات،
ژانیان گرت، وەک ژن لە کاتی منداڵبوون.
٧ وەک کەشتییەکانی تەرشیش[d] تێکت شکاندن،
بە بای ڕۆژهەڵات تەفروتونات کردن.
٨ هەروەک بیستمان،
ئاواش بینیمان
لە شاری یەزدانی سوپاسالار،
لە شاری خودامان:
«خودا هەتاهەتایە دەیچەسپێنێت.»[e]

٩ ئەی خودایە، لە ناوەندی پەرستگاکەت
بیر لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەکەینەوە.
١٠ ئەی خودایە، وەک ناوت
ستایشت دەگاتە ئەوپەڕی زەوی،
دەستە ڕاستت پڕە لە ڕاستودروستی.
١١ کێوی سییۆن شادمان دەبێت،
کچانی[f] یەهودا دڵخۆش دەبن
بەهۆی دادوەرییەکانت.

١٢ بە دەوری سییۆندا بگەڕێن، بە دەوریدا
بسووڕێنەوە،
قوللەکانی بژمێرن،
١٣ لە شووراکانی وردبنەوە،
بڕواننە قەڵاکانی،
هەتا بۆ نەوەی داهاتووی باس بکەن.

١٤ هەتاهەتایە ئەم خودایە خودامانە،
تاکو مردنیش ئەو ڕابەرمانە.

## زەبووری ٤٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح.**

١ ئەی هەموو گەلان، ئەمە ببیستن،
ئەی هەموو دانیشتووانی زەوی، گوێ بگرن،
٢ پایەبەرز و پایەنزم،
هەژار و دەوڵەمەند پێکەوە.

[a] ٩ عیبری: قەڵغانەکان.

[b] ٢ شاخی پیرۆز لە باکوور، لە فینیکیا، کە لە ئەندێشەی خەڵک شوێنی نیشتەجێبوونی خودا بووە.

[c] ٢ مەبەست لە پاشای گەورە، خودایە. بڕوانە ٢:٤٧؛ ١:٤٨.

[d] ٧ جۆرە کەشتییەکی تایبەت بوون کە بۆ بازرگانی بەکاردەهێنران.

[e] ٨ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[f] ١١ لە کەلتوری عیبری بە گوندەکانی دەوروبەری شارەکان دەگوترێ کچانی.

[٣] دەمم باسی دانایی دەکات،
لێکدانەوەی دڵم تێگەیشتنە.
[٤] گوێ بۆ پەند شل دەکەم،
بە قیسارە مەتەڵەکەم ڕوون دەکەمەوە.

[٥] بۆ لە ڕۆژانی تەنگانە بترسم،
کاتێك فێڵبازە خراپەکارەکان دەورم دەگرن؟
[٦] ئەوانەن کە پشت بە سامانیان دەبەستن،
شانازی بە دەوڵەمەندییەکەیان دەکەن.
[٧] کەس ناتوانێت ژیانی براکەی بکڕێتەوە،
یان کەفارەتی ئەو بداتە خودا.
[٨] چونکە کڕینەوەی ژیان زۆر گران دەکەوێت،
هەرگیز ناتوانرێت نرخی تەواوی بدرێت،
[٩] تاکو بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویتی بمێنێتەوە و
گۆڕ نەبینێت.
[١٠] چونکە هەموو دەبینن کە تەنانەت کەسە
داناکانیش دەمرن،
نەزانەکان و گێلەکان وەك یەك لەناودەچن و
سامانیان بۆ ئەوانی دیکە جێدەهێڵن.
[١١] گۆڕیان ماڵی هەتاهەتاییانە،
شوێنی نیشتەجێبوونیانە نەوە دوای نەوە،
لەگەڵ ئەوەشدا زەویشیان بە ناوی خۆیانەوە
ناودەنا.

[١٢] مرۆڤ هەرچەندە دەوڵەمەند بێت نامێنێت،
وەك ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.

[١٣] ئەمە ڕێگای ئەوانەیە کە پشت بە خۆیان
دەبەستن،
ئەوانەش کە دوایان دەکەون بە قسەکانیان
پەسەندی دەکەن.[a]
[١٤] ئەوانە وەك مەڕن و چارەنووسیان مەرگە،
مەرگ دەبێتە شوانیان.
لە بەیانیدا سەرڕاستەکان فەرمانڕەوایەتییان
دەکەن،
شێوەیان دادەڕزێت،
جیهانی مردووان دەبێتە ماڵیان.
[١٥] بەڵام خودا گیانم لە چنگی جیهانی مردووان
دەکڕێتەوە،
چونکە بۆ لای خۆی دەمبات.
[١٦] ترست لێ نەنیشێت ئەگەر یەکێك دەوڵەمەند
بوو،
شکۆمەندی ماڵەکەی زیاد بوو،
[١٧] چونکە کە مرد هیچ لەگەڵ خۆی نابات،
شکۆیەکەی بەدوایەوە نابێت.
[١٨] لەگەڵ ئەوەی کاتێك زیندووە خۆی بە بەختەوەر
دەزانێت،
ستایش دەکرێیت کاتێك سەرکەوتوو بیت.
[١٩] بەڵام ئەویش بۆ نەوەی باوباپیرانی دەڕوات،
ئەوانەی هەتاهەتایە چاویان بە ڕووناکی
ناکەوێتەوە.

[٢٠] مرۆڤ دەوڵەمەندیش بێت ئەگەر تێنەگات،
وەك ئەو ئاژەڵانە وایە کە لەناودەچن.

## زەبووری ٥٠

**زەبوورێکی ئاساف.**

[١] خودای توانادار، یەزدان، دەفەرموێت،
لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوای زەوی بانگ
دەکات.
[٢] لە سییۆنەوە کە لە جوانیدا تەواوە،
خودا پڕشنگ دەدات.
[٣] خودامان دێت و بێدەنگ نابێت،
ئاگر لەپێشیەوە هەڵدەلووشێت،
گەردەلوولێکی بەهێز لە دەوریەتی.
[٤] بانگی ئاسمان دەکات لە بەرزایی،
هەروەها زەوی، بۆ دادگایی گەلەکەی:
[٥] «بۆم کۆبکەنەوە خۆشەویستانم[b]،
کە بە قوربانی پەیمانیان لەگەڵ بەستووم.»

[a] ١٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ١٥، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٥ بۆ ئەوانەی کە پابەندن بە پەیمانی خۆشەویستی نەگۆڕی پەروەردگار.

٦ ئاسمان ڕاستودروستییەکەی ڕادەگەیەنێت،
چونکە خودا خۆی دادوەرە.[a]

٧ «ئەی گەلی من، گوێ بگرن هەتا قسە بکەم،
ئەی ئیسرائیل، هەتا شایەتیت لەسەر بدەم:
من خودام، خودای تۆم.
٨ سەرزەنشتت ناکەم لەسەر قوربانییەکانت،
قوربانی سووتاندنەکانت هەمیشە لەبەردەممە.
٩ من پێویستیم بە گای ماڵەکەت نییە،
پێویستیم بە گیسکی ناو پشتیرەکەت[b] نییە،
١٠ چونکە هەموو گیانلەبەرانی دارستان هی منن،
هەروەها مێگەلەکانی سەر هەزارەها گرد.
١١ هەموو باڵندەی چیاکان دەزانم،
هەموو زیندەوەرانی دەشتودەر هی منن.
١٢ ئەگەر برسی بم، بە تۆ ناڵێم،
چونکە جیهان و هەرچی تێیدایە هی منە.
١٣ ئایا من گۆشتی گا دەخۆم،
یان خوێنی گیسك دەخۆمەوە؟

١٤ «قوربانی سوپاسگوزاری بۆ خودا بکە،
نەزرەکانت بەرامبەر هەرەبەرز بهێنە دی،
١٥ لە ڕۆژی تەنگانەدا نزام بۆ بکە،
دەربازت دەکەم و شکۆدارم دەکەیت.»
١٦ بەڵام خودا بە بەدکار دەڵێ:
«تۆ کێیت باسی فەرزەکانم دەکەیت،
یان پەیمانی منت بەسەر زماندا دێت؟
١٧ تۆ کە ڕقت لە تەمبێکردنە و
فەرمایشتی منت پشتگوێ خستووە.
١٨ کاتێك دزێك ببینیت، بە کردارەکەی ڕازی دەبیت،
بەشت لەگەڵ داوێنپیسانە.
١٩ دەمت بە خراپە دەکەیتەوە،
زمانت فێڵبازی دادەهێنێت.
٢٠ دادەنیشیت و لە دژی براکەت قسە دەکەیت،
بوختان بۆ کوڕی دایکت هەڵدەبەستیت.
٢١ ئەمانەت کردووە و من بێدەنگ بووم،
وات زانی منیش وەك تۆم.
بەڵام من سەرزەنشتت دەکەم و
ڕووبەڕوو تاوانبارت دەکەم.

٢٢ «ئەی ئەوانەی خوداتان لەبیر کردووە، ئەمە
لەبەرچاو بگرن،
دەنا پارچەپارچەتان دەکەم، کەسیش نایەتە
فریاتان.
٢٣ ئەوەی قوربانی سوپاسگوزاری پێشکەش بکات،
شکۆدارم دەکات،
ئەوەی ڕێگای خۆی ڕێك بکات، ڕزگاریی
خودای نیشان دەدەم.»

## زەبووری ٥١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان. زەبوورێکی داودە. کاتێك ناتانی پێغەمبەر هاتە لای دوای ئەوەی داود لەگەڵ بەتشەبەع[c] جووتبوو.**

١ ئەی خودایە، بەگوێرەی خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەت لەگەڵم میهرەبان بە،
بەگوێرەی زۆری بەزەیی خۆت یاخیبوونم
بسڕەوە.
٢ بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و
لە گوناهم پاکم بکەرەوە.

٣ چونکە من یاخیبوونم دەزانم،
هەمیشە گوناهم لەبەردەممە.
٤ لە دژی تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد،
لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد،
تاکو لە بڕیارەکانت ڕاست بیت،
دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت.

[a] ٦ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[b] ٩ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

[c] ژنی ئوریای حیتی بوو، داود لەگەڵی جووتبوو، بەم جۆرە داود داوێنپیسی لەگەڵی کرد. بۆ داپۆشینی گوناهەکەی، پلانێکی دانا بۆ بەکوشتدانی ئوریا. پاشان داود هێنای و کردییە ژنی خۆی. دایکی سلێمان بوو.

٥ ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم،
گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ
بووە.
٦ ئەوەتا لە ناوەڕۆکەوە بە ڕاستی دڵشاد دەبیت،
لە ویژدانەوە فێری داناییم دەکەیت.

٧ بە زوفا[a] پاکم بکەرەوە پاك دەبم،
بمشۆرەوە لە بەفر سپیتر دەبم.
٨ با گوێم لە شادی و خۆشی بێت،
با ئەو ئێسقانانەی وردوخاشت کردووە شاد بن.
٩ چاو لە گوناهەکانم بپۆشە و
هەموو خراپەکانم بسڕەوە.

١٠ ئەی خودایە، دڵێکی پاکم تێدا دروستبکە و
ڕۆحێکی چەسپاو لە ناخم نوێ بکەرەوە.
١١ لە بەرچاوی خۆت دەرممەکە،
ڕۆحی پیرۆزی خۆتم لێ مەستێنەوە.
١٢ شادی ڕزگاریی خۆتم پێ بدەوە،
بە ڕۆحێکی خۆویستانە پشتگیریم بکە.

١٣ ئینجا یاخیبووان فێری ڕێگای تۆ دەکەم،
گوناهباران دەگەڕێنەوە لات.
١٤ ئەی خودایە، خودای ڕزگاریم، لە سزای
خوێنڕشتن دەربازم بکە،
هەتا زمانم گۆرانی بەسەر ڕاستودروستیتدا
بڵێت.
١٥ ئەی پەروەردگار، لێوەکانم لێك بکەرەوە و
دەمم ستایشت ڕابگەیەنێت.
١٦ تۆ بە قوربانی دڵشاد نابیت، ئەگینا پێشکەشی
دەکەم،
بە قوربانی سووتاندن ڕازی نابیت.
١٧ قوربانییەکان بۆ خودا ڕۆحی شکاوە،
ئەی خودایە، تۆ بە سووکییەوە تەماشای دڵی
شکاو و وردوخاشکراو ناکەیت.

١٨ بە ڕەزامەندی خۆت چاکە لەگەڵ سییۆن بکە،
شوووراکانی ئۆرشەلیم بنیاد بنێوە.
١٩ ئەوسا بە قوربانی ڕاستودروستی و
بە قوربانی سووتاندنی تەواو دڵشاد دەبیت،
ئەوسا گا لەسەر قوربانگاکەت پێشکەش
دەکرێت.

## زەبووری ٥٢

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، هۆنراوەیەکی داودە. کاتێك دۆئێگی[b] ئەدۆمی چوو بۆ لای شاول و پێی گوت کە داود چووە بۆ ماڵی ئەحیمەلەخ.**

١ ئەی پاڵەوان، بۆچی شانازی بە خراپەوە
دەکەیت؟
ئەی شەرمەزار لەبەرچاوی خودا،
بۆچی بە درێژایی ڕۆژ شانازی دەکەیت؟
٢ زمانت پیلانی کاولکاری دادەڕێژێت،
وەك گوێزانێکی تیژ وایە،
خەریکی فێڵبازییە.
٣ زیاتر حەزت لە خراپەیە نەك لە چاکە،
لە درۆ نەك لە ڕاستگۆیی.[c]
٤ حەزت لە هەموو وشەیەکی زیانبەخشە،
ئەی زمانی فێڵباز!

٥ بێگومان خودا هەتاهەتایە وێرانت دەکات،
دەترفێنێت و لە ماڵەکەت دەرتدەهێنێت،
ڕیشەکێشت دەکات لە خاکی زیندووان.
٦ ڕاستودروستان ئەمە دەبینن و دەترسن،
پێی پێدەکەنن و دەڵێن:

---

[a] ٧ جۆرە ڕووەکێکە، جولەکەکان بە پێی ڕێوەرەسم بۆ پاككردنەوە بەكاریاندەهێنا.

[b] سەرۆك شوانەکانی شاول بوو، کاتێك داود لە ڕووی شاول هەڵات بۆ نوب بۆ لای ئەحیمەلەخ کە سەرۆك کاهین بوو، جا ئەحیمەلەخ نانی قوربانی دا بە داود و ئەوانەی لەگەڵی بوون. لەو کاتەدا دۆئێگ لە نوب بوو و هەواڵی برد بۆ شاول. ئینجا شاول ئەحیمەلەخ و کاهینەکانی گرت و فەرمانی دا بە پاسەوانەکان بیانکوژن، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە. جا فەرمانی دا بە دۆئێگ، ئەویش هەشتا و پێنج کاهینی کوشت.

[c] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٥، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٧ «ئا ئەوەتا ئەو کەسەی کە خودا ناکاتە پەناگای
خۆی،
بەڵکو پشتی بە زۆری سامانەکەی بەستبوو،
لە تێکدانی خەڵکی دیکە بەهێز بوو!»
٨ بەڵام من لە ماڵی خودا وەك دار زەیتوونێکی
سەوزم،
هەتاهەتایە پشت بە خۆشەویستی نەگۆڕی
خودا دەبەستم.
٩ هەتاهەتایە لەبەردەم خۆشەویستانت ستایشت
دەکەم بۆ کردەوەکانت،
ئومێدم بە ناوی تۆیە، چونکە چاکە.

## زەبووری ٥٣

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ساز، هۆنراوەیەکی داود.**

١ گێل لە دڵی خۆیدا دەڵێت:
«خودا نییە.»
ئەوانە گەندەڵن و خراپەکانیان پیسە،
کەس نییە چاکە بکات.
٢ خودا لە ئاسمانەوە سەیری ئادەمیزاد دەکات،
هەتا بزانێت کەس هەیە تێگەیشتوو بێت،
کەس هەیە بەدوای خودا بگەڕێت.
٣ هەموو هەڵگەڕانەوە،
هەموو گەندەڵ بوون،
کەس نییە چاکە بکات،
تەنانەت یەکێکیش نییە.
٤ ئایا گوناهباران فێر نەبن؟
ئەوانەی وەك نان گەلەکەی من دەخۆن و
ئەوانەی لە خودا ناپاڕێنەوە.
٥ لەوێ ترسێکی گەورەیان لێ نیشت،
کە هیچ ترسی لێ نەبوو.
خودا ئێسقانی ئەوانە پەرشوبڵاو دەکاتەوە کە
گەمارۆیان داویت،
ڕیسوایان دەکەیت، چونکە خودا ڕەتی
کردنەوە.
٦ با ڕزگاریی ئیسرائیل لە سییۆنەوە دەربکەوێت!
کاتێك خودا گەلەکەی خۆی لە ڕاپێچکراوی
دەگەڕێنێتەوە،
با یاقوب شاد و ئیسرائیل دڵخۆش بێت!

## زەبووری ٥٤

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئامێرە ژێدارەکان.**

**هۆنراوەیەکی داودە کاتێك زیفییەکان[a] هاتن و بە شاولیان گوت:**

**«داود لەلای ئێمە خۆی شاردووەتەوە.»**

١ ئەی خودایە، بە ناوی خۆت ڕزگارم بکە،
بە هێزی خۆت ئەستۆپاکیم بسەلمێنە.
٢ ئەی خودایە، گوێ لە نوێژم بگرە،
قسەکانی دەمم ببیستە.
٣ چونکە بێگانە لێم هەستاون،
دڵڕەقەکان دەیانەوێ بمکوژن،
ئەوانەی ڕوویان لە خودا نەکردووە.[b]
٤ بە ڕاستی خودا یارمەتیدەری منە،
پەروەردگار پشتگیری گیانم دەکات.
٥ با خراپە بگەڕێتەوە سەر دوژمنەکانم،
بە دڵسۆزی خۆت لە ناویان ببە.
٦ ئەی یەزدان، بەخشینی[c] ئازادت پێشکەش
دەکەم،
ستایشی ناوت دەکەم، چونکە چاکە.
٧ چونکە لە هەموو تەنگانەکان دەربازی کردووم،
سەرکەوتووانە چاوم بڕیوەتە دوژمنەکانم.

---

[a] دانیشتووانی زیف، کە شارێك بوو لە ناوچە شاخاوییەکەی یەهودا. ئێستا بە گردی زیف بەناوبانگە. دەکەوێتە دووری شەش کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی حەبرۆن.

[b] ٣ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[c] ٦ بڕوانە لێڤییەکان ٢٢:١٨-٢٣.

## زەبووری ٥٥

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان بە ئامێرە ژێدارەکان، هۆنراوەیەکی داود.**

١ ئەی خودایە، گوێ لە نوێژم بگرە،
پاڕانەوەم پشت گوێ مەخە،
٢ گوێم لێ بگرە و وەڵامم بدەوە.
سەرم لێ شێواوە و لە نەگبەتی خۆم و بێزارم،
٣ لە بیستنی دەنگی دوژمن،
لە چاو لێ سوور کردنەوەی بەدکاران،
چونکە ئەمانە تووشی گرفتم دەکەن و
بە تووڕەییەوە دەمچەوسێننەوە.

٤ دڵم لە ناخمدا پڕ لە ئازارە،
ترسی مەرگ هاتووەتە سەرم.
٥ ترس و لەرز دایگرتووم،
تۆقین باڵی بەسەرمدا کێشاوە.
٦ گوتم: «خۆزگە وەك کۆتر باڵم دەبوو،
دوور دەفڕیم و دەحەسامەوە،
٧ بە ڕاستی دووردەکەوتمەوە و
لە چۆڵەوانی دەمامەوە.[a]
٨ پەلەم دەکرد بۆ شوێنی پەناگای خۆم،
دوور لە ڕەشەبا و لە گەردەلوول.»

٩ ئەی پەروەردگار، سەریان لێ بشێوێنە، زمانیان تێك بئاڵێنە،
چونکە زۆرداری و دووبەرەکی لە شاردا دەبینم.
١٠ شەو و ڕۆژ بەسەر شووراکانیدا دەسووڕێنەوە و
خراپە و ناڕەوایی لە ناوەڕاستیدایە.
١١ وێرانکاری لە ناوەڕاستیدایە،
دەستدرێژی و ساختەکاری هەرگیز شەقامەکانی بەرنادەن.

١٢ ئەگەر دوژمن سووکایەتی پێم بکردایە،
بەرگەم دەگرت،
ئەگەر ناحەز بەسەرمدا زاڵ بووایە،
دەمتوانی خۆمی لێ بشارمەوە.
١٣ بەڵام ئەوە تۆی! هاوشێوەی من مرۆڤی،
هاوڕێمی، نزیکترین برادەری منی،
١٤ کە بەیەکەوە پەیوەندییەکی شیرینمان هەبوو،
بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بەرەو ماڵی خودا دەچووین.

١٥ با مەرگ چەواشەیان بکات،
با بە زیندوویی دابەزنە ناو جیهانی مردووان،
چونکە خراپە شوێنی خۆی کردووەتەوە لەنێویان.

١٦ بەڵام هاواری من بۆ خودایە،
یەزدانیش ڕزگارم دەکات.
١٧ ئێواران و بەیانییان و نیوەڕۆیان
گلەیی دەکەم و دەناڵێنم،
ئەویش گوێم لێ دەگرێت.
١٨ گیانمی بە تەواوی کڕییەوە
لەو جەنگەی دژم هەڵگیرساوە،
چونکە زۆرن بەرهەڵستکارانم.
١٩ خودا، ئەوەی لە ئەزەلەوە لەسەر تەخت دانیشتووە،
گوێی لێ دەبێت و ڕیسوایان دەکات؛
ئەوانەی ناگۆڕێن و
ترسی خودایان لە دڵدا نییە.

٢٠ هاوڕێکەم دەستدرێژی دەکاتە سەر دۆستەکانی،
پەیمانی خۆی دەشکێنێت.
٢١ زمانی وەك کەرە لووسە،
بەڵام دڵی پڕ لە شەڕە.
قسەی لە ڕۆن نەرمترە،
بەڵام شمشێری هەڵکێشراوە.

٢٢ خەمەکانت بە یەزدان بسپێرە،
ئەو پشتگیریت دەکات،
هەرگیز ناهێڵێت ڕاستودروستان بهەژێن.
٢٣ بەڵام تۆ ئەی خودایە، فڕێیان بدە ناو قووڵترین بیر،

---

[a] ٧ لە دەقی عیبری لێرە و لە ناوەڕاستی ئایەتی ١٩، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

خوێنڕێژ و فێڵبازەکان،
ڕۆژگاریان ناگاتە نیوە.
بەڵام من پشت بە تۆ دەبەستم.

## زەبووری ٥٦

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان لەسەر ئاوازی گۆرانی «کۆتر لەسەر دار بەڕوو دوورن.» پاڕانەوەیەکی داودە کاتێک فەلەستییەکان لە گەت[a] گرتیان.**

١ ئەی خودایە، لەگەڵم میهرەبان بە چونکە خەڵك
ڕاوم دەنێن،
بە درێژایی ڕۆژ لە دژی من دەجەنگن.
٢ دوژمنانم بە درێژایی ڕۆژ ڕاوم دەنێن،
چونکە زۆرن ئەوانەی بە لووتبەرزییەوە
دەمچەوسێننەوە.

٣ کاتێك ترسم لێ دەنیشێت،
من پشت بە تۆ دەبەستم.
٤ بە خودا، کە ستایشی پەیمانەکەی دەکەم،
پشت بە خودا دەبەستم، من ناترسم،
مرۆڤ چیم لێ دەکات؟

٥ بە درێژایی ڕۆژ دەستکاری قسەکانم دەکەن،
هەمیشە پیلان بۆ خراپەم دەگێڕن.
٦ گیروگرفت دەنێنەوە، خۆیان مات دەکەن،
چاویان لە هەنگاوەکانمە،
بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا بمکوژن.
٧ لە پێناوی تاوانیان سزایان بدە،
ئەی خودایە، بە تووڕەیی خۆت گەلان ژێر بخە.

٨ خۆت ئاگاداری سەرگەردانی منی،
فرمێسکەکانم بخەرە مەشکەی خۆتەوە،
ئایا ئەوان لە پەڕتووکی تۆدا نەنووسراون؟

٩ لەو ڕۆژەی هاوار بۆ تۆ دەکەم،
دوژمنەکانم بەرەو پاش دەکشێنەوە.
بەمە دەزانم کە خودا لەگەڵمە.

١٠ بە خودا، کە ستایشی پەیمانەکەی دەکەم،
بە یەزدان، کە ستایشی وشەکەی دەکەم،
١١ بە خودا پشت دەبەستم، من ناترسم.
مرۆڤ چیم لێ دەکات؟

١٢ ئەی خودایە، نەزرەکانی خۆم بۆ تۆ بەجێدەهێنم،
قوربانی سوپاسگوزاری پێشکەش دەکەم،
١٣ چونکە تۆ لە مردن فریای گیانم کەوتی،
پێیەکانی منت لە خلیسکان پاراست،
تاکو دۆستایەتی لەگەڵ خودا بکەم و
لە ڕووناکی ژیاندا بڕۆم.

## زەبووری ٥٧

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی «مەفەوتێنە.» پاڕانەوەیەکی داودە کاتێك لەبەردەم شاول هەڵات لە ئەشکەوتەکە.**

١ لەگەڵم میهرەبان بە، ئەی خودایە، لەگەڵم
میهرەبان بە،
چونکە گیانم پەنا دەهێنێتە بەر تۆ،
من پەنا دەهێنمە بەر سێبەری باڵەکانی تۆ،
هەتا ئەم بەڵایە بەسەردەچێت.

٢ بۆ خودای هەرەبەرز هاوار دەکەم،
بۆ ئەو خودایەی ئەستۆپاکیم دەسەلمێنێت[b].
٣ لە ئاسمانەوە دەنێرێت و ڕزگارم دەکات،
ئەوانە ڕیسوا دەکات کە ڕاوم دەنێن.[c]
خودا خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی و
دڵسۆزییەکەی دەنێرێت.

٤ گیانم لەناو شێرانە،

[a] بڕوانە پەیدابوون ١٤:١٠، یەکێك بوو لە پێنج شارە گەورەکەی فەلەستییەکان. شوێنی لەدایکبوونی گولیاتە کە پاڵەوانی فەلەستییەکان بوو و داود بە بەردەقانی کوشتی. بڕوانە ساموئێلی یەکەم ١:١٧-٧:١٨ و ١١:٢١.

[b] ٢ بڕوانە ٨:١٣٨.

[c] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٦، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

لەنێو ئاژەڵی دڕندە ڕادەکشێم،
ئەو مرۆڤانەی کە ددانەکانیان ڕم و تیرن،
زمانیشیان شمشێری تیژە.

٥ ئەی خودایە، بەسەر ئاسماندا بەرزببەوە،
با شکۆی تۆ بەسەر هەموو زەوییەوە بێت.

٦ تۆڕیان ناوەتەوە بۆ پێیەکانم،
گیانم پەرێشانە.
چاڵێکیان لەپێشم هەڵکەند،
بەڵام خۆیان تێی کەوتن.

٧ دڵم چەسپاوە، ئەی خودایە،
دڵم چەسپاوە،
سروود دەڵێم و مۆسیقا دەژەنم.
٨ ئەی گیانی من، هەستە!
ئەی ساز و قیسارە، هەستن!
من بەرەبەیانان هەڵدەستم.

٩ ئەی پەروەردگار، من لەنێو گەلان ستایشت
دەکەم،
لەنێو نەتەوەکان گۆرانیت بۆ دەڵێم،
١٠ چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەگاتە
ئاسمان،
دڵسۆزیت دەگاتە هەورەکان.

١١ ئەی خودایە، بەسەر ئاسماندا بەرزببەوە،
با شکۆی تۆ بەسەر هەموو زەوییەوە بێت.

## زەبووری ٥٨

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی «مەفەوتێنە.»**

**پاڕانەوەیەکی داود.**

١ ئەی فەرمانڕەوایان، ئایا لە ڕاستیدا بە
ڕاستودروستی بڕیار دەدەن؟
ئایا دادپەروەرانە حوکمی ئادەمیزاد دەکەن؟
٢ بەڵکو ئێوە لە دڵەوە کار بە خراپە دەکەن،
هەروەها دەستتان توندوتیژی لەسەر زەوی
ئەنجام دەدات.

٣ بەدکاران لە کاتی لەدایکبوونەوە گومڕان،
لە سکی دایکیانەوە درۆ دەکەن.
٤ ژەهریان وەك ژەهری مارە،
وەك ماری کۆبرا کە کەڕە و گوێی خۆی
داخستووە،
٥ کە ئاوازی ئەفسونگەران نابیستێت،
هەرچەندە بە شارەزاییش ئەفسون بکەن.

٦ ئەی خودایە، ددانیان لە دەمیان بشکێنە،
ئەی یەزدان، کەڵبەی شێران وردوخاش بکە!
٧ با بتوێنەوە و وەك ئاو بڕۆن،
با تیرەکانیان بشکێت کاتێك کەوان ڕادەکێشن.
٨ وەك لولپێچ کە دەتوێتەوە کاتێك دەڕوات،
وەك منداڵی لەبارچوو، با خۆر نەبینن.

٩ پێش ئەوەی مەنجەڵەکانتان هەست بە ئاگری
دڕکەکان بکەن،
چ تەڕ بن چ وشك بن، خراپەکانیان
ڕادەماڵرێت.
١٠ کەسی ڕاستودروست کە تۆڵە دەبینێت شاد
دەبێت،
پێی خۆی بە خوێنی خراپەکار دەشوا.
١١ ئینجا خەڵکی دەڵێن:
«بێگومان کەسی ڕاستودروست پاداشتی هەیە،
بێگومان خودایەك هەیە کە دادگایی زەوی
دەکات.»

## زەبووری ٥٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی «مەفەوتێنە.»**

**پاڕانەوەیەکی داودە، کاتێك شاول پیاوی نارد بۆ ئەوەی چاودێری**

**ماڵی داود بکەن و بیکوژن.**

١ ئەی خودای من، فریام بکەوە لە دەست
دوژمنەکانم،
بمپارێزە لە بەرهەڵستکارانم.
٢ فریام بکەوە لە دەست خراپەکاران،

ڕزگارم بکە لە دەست خوێنڕێژان.

٣ ببینە چۆن خۆیان بۆم مات داوە!
ئەی یەزدان، زۆرداران گەمارۆیان داوم،
بەبێ ئەوەی تاوان و گوناهم کردبێ.
٤ هەرچەندە هەڵەم نەکردووە، ئامادەن بۆ
پەلاماردانم.
ڕاپەڕە بۆ فریاکەوتنم، بڕوانە گرفتەکەم!
٥ تۆ ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل،
هەستە بۆ سزادانی هەموو نەتەوەکان،
لەگەڵ خیانەتکارە بەدکارەکان میهرەبان مەبە.[a]

٦ دەمەو ئێوران دەگەڕێنەوە،
وەك سەگ دەمڕێنن و
بەناو شاردا دەسووڕێنەوە.
٧ ئەوەتا تاڵاو لە دەمیانە و
شمشێر لە لێویانە،
دەڵێن: «کێ گوێی لێمان دەبێت؟»
٨ بەڵام تۆ ئەی یەزدان، پێیان پێدەکەنیت،
گاڵتە بە هەموو نەتەوەکان دەکەیت.

٩ ئەی هێزی من، چاوەڕێی تۆ دەکەم،
ئەی خودایە، تۆ پەناگای منیت.

١٠ خودا بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی دێتە لام،
سەرکەوتنم نیشان دەدات بەسەر دوژمنەکانم.
١١ ئەی پەروەردگار، قەڵغانی ئێمە، مەیانکوژە،
ئەگینا گەلی من لەبیریان دەچێت.
بە هێزی خۆت دەربەدەریان بکە و
بەریان بدەوە.
١٢ لەبەر گوناهەکانی دەمیان،
لەبەر وتەکانی لێویان،
با گرفتاری لووتبەرزی خۆیان بن.
لەبەر ئەو درۆ و نەفرەتانەی کردوویانە،
١٣ لە تووڕەییدا بیانفەوتێنە،
بیانفەوتێنە هەتا نەمێنن.
ئەوسا دەزانن کە خودا فەرمانڕەوایەتی یاقوب
دەکات،
هەتا ئەوپەڕی زەوی.

١٤ دەمەو ئێواران دەگەڕێنەوە،
وەك سەگ دەمڕێنن و
بەناو شاردا دەسووڕێنەوە.
١٥ بەدوای خواردندا وێڵ دەبن،
دەوەڕن ئەگەر تێر نەبن.
١٦ بەڵام من سروود بەسەر هێزی تۆدا دەڵێم،
بەیانییان گۆرانی بەسەر خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەتدا دەڵێم،
چونکە تۆ قەڵای منیت،
لە ڕۆژی تەنگانەدا پەناگای منیت.

١٧ ئەی هێزی من، گۆرانی ستایشت بۆ دەڵێم،
ئەی خودایە، تۆ پەناگای منیت، خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەی خۆتم بۆ دەردەخەی.

## زەبووری ٦٠

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر گوڵی سەوسەنی پەیمان. پاڕانەوەیەکی داودە بۆ فێرکردن. کاتی شەڕکردنی لەگەڵ ئارامییەکانی دوو ڕووبار[b] و ئارامییەکانی چۆڤا[c]، هەروەها کاتێك یۆئاب[d] گەڕایەوە و لە دۆڵی خوێ[e] دوازدە هەزاری لە ئەدۆمییەکان کوشت.**

١ ئەی خودایە، ئێمەت ڕەتکردەوە و ئێمەت
شکاند،
تۆ تووڕە بووی، ئێستا بمانگەڕێنەوە!
٢ تۆ زەویت لەرزاند و شەقت کرد،
شکاوییەکانی چاك بکەرەوە، چونکە لەرزۆکە.

[a] ٥ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ١٣، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێوان دجلە و فورات.
[c] یەکێك بوو لە پاشایەتییەکانی ئارامییەکان، دەکەوتە ڕۆژئاوای فوراتەوە.
[d] سەرکردەی سوپاکەی داود بوو.
[e] دەکەوێتە باشووری دەریای مردوو.

[٣] کاتی سەختت نیشانی گەلەکەت دا،
بادەی سەرگەردانیت پێمان نۆشی.
[٤] بەڵام بۆ ئەوانەی ترسی تۆیان لە دڵدایە، ئاڵات هەڵکرد،
بۆ ئەوەی لە دژی تیری دوژمنان بشەکێتەوە.[a]
[٥] بە دەستی ڕاستت دەربازمان بکە و یارمەتیمان بدە،
بۆ ئەوەی خۆشەویستانت ڕزگاریان بێت.
[٦] خودا لە پیرۆزگاکەی خۆیەوە فەرموویەتی:
«بە هاواری خۆشییەوە شەخەم دابەش دەکەم و
دۆڵی سوکۆت[b] دەپێوم.
[٧] گلعاد هی منە، مەنەشەش هی منە،
ئەفرایم کڵاوی منە،
یەهودا[c] داری دەسەڵاتی منە،
[٨] مۆئاب[d] دەستشۆرمە،
پێڵاوەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم،
لەسەر فەلەستیە هاواری سەرکەوتن دەکەم.»
[٩] کێیە دەمباتە شاری قەڵابەند؟
کێیە پێشڕەویم دەکات بۆ ئەدۆم؟
[١٠] ئەی خودایە، مەگەر تۆ نیت کە ئێمەت ڕەت کردووەتەوە و
ئیتر لەگەڵ لەشکرەکانمان دەرناچیت؟
[١١] یارمەتیمان بدە بەرامبەر بە دوژمنەکە،
چونکە ڕزگاری لە مرۆڤەوە پووچە.
[١٢] لەگەڵ خودا سەرکەوتن بەدەستدەهێنین،
هەروەها ئەوە دوژمنەکانمان دەخاتە ژێر پێ.

## زەبووری ٦١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئامێری ژێدار، زەبوورێکی داودە.**

[١] ئەی خودایە، گوێت لە هاوارم بێت،
گوێ لە نوێژەکەم بگرە.
[٢] لەوپەڕی زەوییەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم،
کە دڵم لاواز دەبێت،
پێشڕەویم بکە بۆ سەر تاشەبەردێکی لە خۆم بڵندتر.
[٣] چونکە تۆ پەناگای منی،
قوللەیەکی سەختی لە ڕووی دوژمن.
[٤] با هەتاهەتایە لە پیرۆزگای تۆدا نیشتەجێ بم و
پەنا بهێنمە ژێر سێبەری باڵەکانت.[e]
[٥] ئەی خودایە، چونکە تۆ گوێت لە نەزرەکانم گرت،
منت کردە میراتگر لەگەڵ ئەوانەی ترسی ناوی تۆ لە دڵیانە.
[٦] درێژە بدە بە ڕۆژانی تەمەنی پاشا،
بە ساڵانی تەمەنی بۆ نەوە دوای نەوە.
[٧] با هەتاهەتایە لە ئامادەبوونی خودا دانیشێت،
دڵسۆزی و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت ئەو بپارێزن.
[٨] ئەوسا هەتاهەتایە گۆرانی بۆ ناوی تۆ دەڵێم،
ڕۆژ بە ڕۆژیش نەزرەکانم بەجێدەهێنم.

---

[a] ٤ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[b] ٦ ناوی دوو شاری کۆنە. شەخەم شارێکی شوورابەند بوو لە پاڵ کێوی گریزیم، سوکۆتیش دەکەوتە دووری شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون.
[c] ٧ گلعاد کوڕی ماکیرە و کوڕەزای منەشێیە و منەشێش نۆبەرەی یوسفە، ئەفرایمیش کوڕی دووەمی یوسفە، یەهوداش کوڕی یاقوبە، بۆیە ئەم ناوانە بوون بە ناوی هۆز و عەشیرەتەکانی ئیسرائیل و هەروەها ناوی شار و ناوچەکانیان.
[d] ٨ خاکی مۆئابییەکان، دەکەوتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو.
[e] ٤ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

## زەبووری ٦٢

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بۆ یەدوتون، زەبوورێکی داود.**

١ گیانم تەنها بە خودا ئارام دەبێت،
ڕزگاریشم لەلای ئەوەوە دێت.
٢ تەنها ئەو تاشەبەرد و ڕزگاریمە،
پەناگای منە، هەرگیز نالەقێم.

٣ هەتا کەی هێرش دەکەنە سەر مرۆڤێك؟
ئایا هەمووتان وەك دیوارێکی لار تێکی دەدەن،
وەك شوورایەکی داڕووخاو؟
٤ تەنها پیلان بۆ ئەوە دەگێڕن
کە ئەو لەو پلەوپایەیە بخەن،
خۆشییان لە درۆوە دێت.
بە دەم داوای بەرەکەت دەکەن،
بەڵام لە دڵەوە نەفرەت.[a]

٥ ئەی گیانی من، تەنها بە خودا ئارام بە،
چونکە ئومێدی من لەلای ئەوەوە دێت.
٦ تەنها ئەو تاشەبەرد و ڕزگاریمە،
پەناگای منە، نالەقێم.
٧ ڕزگاری و شکۆمەندی من بە خوداوە بەندە،
تاشەبەردی بەهێزمە، پەناگای منە.
٨ هۆ خەڵکینە، هەموو کاتێك پشت بەو ببەستن،
دڵی خۆتانی لەبەردەم هەڵڕێژن،
چونکە خودا پەناگای ئێمەیە.

٩ ئادەمیزاد تەنها هەناسەیەکە،
مرۆڤ تەنها درۆیەکە،
ئەگەر بخرێنە تای تەرازوو هیچ نین،
هەموو پێکەوە تەنها هەناسەیەکن.
١٠ پشت بە زۆرداری مەبەستن،
پۆز بە ماڵی دزراوەوە لێمەدەن.
ئەگەر سامانتان زیادی کرد،
دڵی خۆتانی پێوە مەبەستن.

١١ جارێك خودا فەرموویەتی،
دوو جار بیستوومە[b]:
کە هێز هەر هی خودایە،
١٢ هەروەها کە خۆشەویستی نەگۆڕ هەر هی
تۆیە، ئەی پەروەردگار.
بێگومان تۆش، هەرکەسێك
بەپێی کردەوەی خۆی پاداشت دەدەیتەوە.

## زەبووری ٦٣

**زەبوورێکی داودە کاتێك لە چۆڵەوانی یەهودا بوو.**

١ ئەی خودایە، تۆ خودای منی، بە پەرۆشم بۆت،
گیانم تینووی تۆیە،
جەستەم شەیدای تۆیە،
لە خاکێکی وشك و ماندوو و بێ ئاو.

٢ لە پیرۆزگاکە سەیرم کردوویت و
هێز و شکۆمەندی تۆم بینیوە.
٣ لەبەر ئەوەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت لە ژیان
باشترە،
لێوەکانم ستایشت دەکەن.
٤ بە درێژایی ژیانم ستایشت دەکەم،
بە ناوی تۆوە دەستم بەرز دەکەمەوە.
٥ گیانم تێر دەبێت وەك ئەوەی بە دوگ[c] و
چەوری،
بە لێوی شادمانەوە دەمم ستایشت دەکات.

٦ لەناو نوێنەکەم یادی تۆ دەکەم،
بە درێژایی شەو بیر لە تۆ دەکەمەوە.
٧ چونکە تۆ هاریکارم بوویت،
لەژێر سێبەری باڵەکانت گۆرانی دەڵێم.
٨ گیانم بە تۆوە بەندە،
دەستە ڕاستی تۆ پشتم دەگرێت.

---

[a] ٤ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٨، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ١١ شێوازێکی دەربڕینی ئەدەبیانەی عیبرییە، بە مەبەستی ئەوەی یەکەمیان گرنگە و دووەمیان لەو گرنگترە.

[c] ٥ دوگ یان دونگ

٩ بەڵام ئەوانەی بۆ کوشتنی من دەگەڕێن
لەناودەچن،
بەرەو ناخی زەوی شۆڕ دەبنەوە.
١٠ ئەوانە بە دەمی شمشێر دەسپێردرێن و
دەبن بە خۆراکی چەقەڵ.

١١ بەڵام پاشا بە خودا دڵخۆش دەبێت،
هەموو ئەوانەی سوێند بە خودا دەخۆن
ستایشی دەکەن،
چونکە دەمی درۆزنان دادەخرێت.

## زەبووری ٦٤

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داودە.**

١ ئەی خودایە، گوێ لە دەنگی سکاڵام بگرە،
ژیانم لە مەترسی دوژمنانم بپارێزە.

٢ لە پیلانی بەدکاران بمشارەوە،
لە کۆمەڵی خراپەکاران.
٣ کە زمانی خۆیان وەك شمشێر تیژ کردووە،
قسە تاڵەکانیان وەك تیری هاوێژراوە،
٤ هەتا لە بۆسەکانیانەوە کەسی بێ کەموکوڕی پێ
بپێکن،
لەناکاو دەیپێکن و ناترسن.

٥ بۆ کاری خراپە یەکتری هاندەدەن،
دەربارەی شاردنەوەی داوەکانیان دەدوێن،
دەڵێن: «کێ دەمانبینێ؟»
٦ تەگبیر بۆ تاوان دەکەن،
دەڵێن: «پیلانێکی تەواومان داڕشت!»
بێگومان دڵ و دەروونی مرۆڤ قووڵە.

٧ بەڵام خودا تیریان تێدەگرێت،
لەناکاو بریندارییان دەکات.
٨ زمان درێژییان دەبێتە هۆی کەوتنیان،
هەرکەسێك کە دەیانبینێت سەری بادەدات.
٩ هەموو ئادەمیزاد دەترسن،
کاری خودا ڕادەگەیەنن و
بیردەکەنەوە لەوەی کە کردی.

١٠ با ڕاستودروستان بە یەزدان دڵخۆش بن و
پەنا ببەنە بەر ئەو،
با هەموو دڵڕاستان ستایشی بکەن!

## زەبووری ٦٥

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود، گۆرانییەك.**

١ ئەی خودایە، ستایشکردن لە سییۆن شایانی تۆیە،
نەزرەکانمان بۆ تۆ بەجێدەهێنین.
٢ ئەی ئەوەی گوێت لە نوێژ دەبێت،
هەموو کەس بۆ لای تۆ دێت.
٣ کاتێك گوناه بەسەرماندا زاڵ بوو،
تۆ کەفارەتی یاخیبوونەکانی ئێمەت کرد.
٤ خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە هەڵیاندەبژێریت و
نزیکیان دەکەیتەوە بۆ ئەوەی لە حەوشەی
ماڵەکەت بژین!
تێر بووین لە چاکی ماڵەکەت،
لە پەرستگای پیرۆزی تۆ.

٥ بە سامناکی ڕاستودروستی وەڵامماندەدەیتەوە،
ئەی خودای ڕزگارکەرمان،
ئەی ئەوەی دانیشتووانی سەراپای زەوی و
دەریا دوورەکان پشتت پێ دەبەستن،
٦ کە بە هێزی خۆت چیاکانت دامەزراندووە،
بە توانا چەکدارت کردووە،
٧ کە هەڵچوونی دەریاکان هێمن دەکەیتەوە،
هەڵچوونی شەپۆلەکانیان،
هەروەها ئاژاوەی گەلان.
٨ ئەوانەی لەوپەڕی جیهان دەژین، لە نیشانەکانی
تۆ دەترسن.
لە شوێنی دەرکەوتنی بەرەبەیان و ئاوابوونی
ئێواران،
گۆرانی شادمانییان پێ دەڵێیت.

٩ بایەخ بە زەوی دەدەیت و ئاوی دەدەیت،

زۆر بەپیت و فەڕی دەکەیت،
جۆگەکانی خودا پڕ ئاون،
دەغڵودانیان ئامادە دەکەیت،
چونکە بەم شێوەیە ڕێکت خستووە.
١٠ هێڵی جووتەکانی تێر ئاو دەکەیت و
تەخت و ڕێکیان دەکەیت،
بە لێزمەی باران پاراوی دەکەیت و
بەروبوومیان بەرەکەتدار دەکەیت.
١١ بە چاکەی خۆت تاج دەخەیتە سەر ساڵ و
ڕێڕەوەکانت چەوری لێ دەچۆڕێت.
١٢ لەوەڕگاکانی دەشتودەر پڕ دەبن،
ناوقەدی گردەکان بە شادی دەبەستییەوە.
١٣ مێرگەکان بە ڕانە مەڕ و مێگەل دادەپۆشرێن،
دەغڵودان دەبن بە کەوای دۆڵەکان،
لە شادمانیدا هاوار دەکەن و گۆرانی دەڵێن.

## زەبووری ٦٦

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، گۆرانییەک، زەبوورێک.**

١ ئەی سەراپای زەوی، بە شادمانییەوە هاوار بۆ
خودا بکەن!
٢ بە شکۆمەندی ناوی ئەو گۆرانی بڵێن،
ستایشی شکۆدار بکەن!
٣ بە خودا بڵێن: «کردەوەکانت چەند سامناکن!
هێزت ئەوەندە گەورەیە،
دوژمنانت ملکەچیت بۆ دەنوێنن.
٤ سەراپای زەوی کڕنۆشت بۆ دەبەن،
گۆرانی ستایشت بۆ دەڵێن،
گۆرانی ستایش بۆ ناوی تۆ دەڵێن.»[a]

٥ وەرن کردارەکانی خودا ببینن،
کارە سامناکەکەی لە پێناوی ئادەمیزاد!
٦ دەریای گۆڕی بۆ وشکانی،
ئەوان بە پێیان لە ڕووبار پەڕینەوە.

[a] ٤ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٧ و ١٥، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

با بە ئەو شادمان بین.
٧ بە توانای خۆی هەتاهەتایە فەرمانڕەوایەتی
دەکات،
چاوەکانی چاودێری نەتەوەکان دەکەن،
با یاخییەکان خۆیان بەرامبەری هەڵنەکێشن.

٨ ئەی خەڵکینە، ستایشی خودامان بکەن،
با دەنگی ستایشکردنی ببیسترێت،
٩ کە گیانی ئێمەی لە زیندووان پاراستووە و
نەیهێشتووە پێمان بخلیسکێت.
١٠ ئەی خودایە، چونکە تۆ ئێمەت تاقی
کردووەتەوە،
وەك زیو ئێمەت پاڵاوتووە.
١١ ئێمەت خستووەتە داوەوە و
باری گرانت خستووەتە سەر شانمان.
١٢ تۆ هێشتت خەڵکی سواری سەرمان بن،
بە ناو ئاو و ئاگردا ڕۆیشتین،
بەڵام دواتر بۆ شوێنێکی بەپیتت هێناین.

١٣ بە قوربانی سووتاندنەوە دێمە پەرستگاکەت،
نەزرەکانم بەجێدەهێنم،
١٤ ئەو نەزرانەی کە لە کاتی تەنگانەدا،
لێوەکانم بەڵێنی پێدابوون و بە دەممدا
هاتبوون.
١٥ ئاژەڵی قەڵەو دەکەمە قوربانی،
لەگەڵ بۆنی دووکەڵی قۆچی قوربانی،
تەگە[b] و گات بۆ دەکەمە قوربانی.

١٦ ئەی هەموو لەخواترسەکان، وەرن و گوێ بگرن،
با پێتان بڵێم چی بۆ من کردووە.
١٧ بە دەمی خۆم هاوارم بۆی کرد،
ستایشکردنی لەسەر زمانم بوو.
١٨ ئەگەر دڵم حەزی لە خراپە بووایە،
پەروەردگار گوێی لێ نەدەگرتم،
١٩ بەڵام بێگومان خودا گوێی لێ گرتم،
گوێی لە دەنگم بوو لە کاتی نوێژکردنم.
٢٠ ستایش بۆ خودا،

[b] ١٥ نێری، سابرێن.

کە نە نوێژەکەی منی لە خۆی دوورخستەوە و
نە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی خۆی لە من.

## زەبووری ٦٧

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئامێرە ژێدارەکان،**

**زەبوورێك، گۆرانییەك.**

١ با خودا لەگەڵمان میهرەبان بێت و
بەرەکەتدارمان بکات،
ڕوخساری خۆیمان بەسەردا بدرەوشێنێتەوە؛[a]
٢ تاکو ڕێگات لەسەر زەوی زانراو بێت،
ڕزگاریت لەناو هەموو نەتەوەکان.

٣ ئەی خودایە، با گەلان ستایشت بکەن،
با هەموو گەلان ستایشت بکەن.
٤ با نەتەوەکان دڵخۆش بن و گۆرانی شادی بڵێن،
چونکە بە ڕێکی حوکمی خەڵك دەکەیت و
ڕێنمایی نەتەوەکانی سەر زەوی دەکەیت.
٥ ئەی خودایە، با گەلان ستایشت بکەن،
با هەموو گەلان ستایشت بکەن.

٦ ئینجا زەوی بەروبوومی دەدات،
خودا، خودای من، بەرەکەتدارمان دەکات.
٧ خودا بەرەکەتدارمان دەکات،
سەرتاسەری زەوی لێی دەترسن.

## زەبووری ٦٨

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بۆ داود، زەبوورێك، گۆرانییەك.**

١ با خودا هەستێت، با دوژمنانی پەرشوبڵاو ببنەوە!
با ناحەزانی لە ڕووی هەڵبێن!
٢ وەك بەباکردنی دووکەڵ بەبایان بکەیت،
وەك توانەوەی مۆم لەبەردەم ئاگر،
با بەدکارانیش لەبەردەم خودا لەناوبچن.

٣ بەڵام با ڕاستودروستان لەبەردەم خودا شاد و
دڵخۆش بن،
لە خۆشییان شاگەشکە بن.

٤ گۆرانی بۆ خودا بڵێن، مۆسیقا بۆ ناوی بژەنن،
ئەوەی سواری گالیسکەیە بەسەر هەورەکان
بەرزی بکەنەوە،
ناوی یەزدانە،
لەبەردەمی دڵشاد بن.
٥ باوکی هەتیوان و پارێزەری بێوەژنان،
خودایە لە چادری پەرستنی پیرۆزی خۆی.
٦ خودا ماڵ بۆ لانەوازان دابین دەکات،
بەندکراوەکان ئازاد دەکات،
بەڵام یاخییەکان لە خاکێکی سووتاو نیشتەجێ
دەبن.

٧ ئەی خودایە، کاتێك تۆ پێشڕەویی گەلەکەتت
کرد،
کاتێك بە چۆڵەوانیدا ڕۆیشتیت، [b]
٨ زەوی لەرزی و ئاسمان دڵۆپەی کرد
لەبەردەم خودا، خودای سینا،
لەبەردەم خودا، خودای ئیسرائیل.
٩ ئەی خودایە، بارانێکی چاکت باراند،
میراتەکەت ماندوو بوو، تۆ بەهێزت کرد.
١٠ کۆمەڵەکەت تێیدا نیشتەجێ دەبن،
خودایە، بە چاکەی خۆت، بۆ هەژارانت دابین
کرد.

١١ پەروەردگار فەرمانی دا[c] و
کۆمەڵی ژنانی مزگێنیدەر زۆرن:
١٢ «پاشایان و لەشکرەکانیان بە خێرایی هەڵدێن!
ژنەکان کە لە ماڵ ماونەتەوە تاڵان دابەش
دەکەن،

[a] ١ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٤، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٧ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ١٩ و ٣٢، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[c] ١١ بەر لە دەستپێکردنی جەنگ خودا فەرمانی سەرکەوتنی دا.

١٣ تەنانەت ئەوانەشی کە لەناو تەویلەشن،
باڵی کۆتری لە زیو هەڵکێشراو و
پەڕەمووچەی زێڕی بێگەردیان بەردەکەوێ.»
١٤ کە خودای هەرە بە توانا پاشاکانی پەرتەوازە کرد،
وەك بارینی بەفر بوو لەسەر کێوی چەلمۆن[a].

١٥ چیای باشان چیای خودایە،
چیای باشان چیای فرە لووتکەیە.
١٦ ئەی چیا فرە لووتکەکان، بۆچی چاو دەبڕنە ئەو چیایە،
کە خودا ئارەزووی دەکات تێیدا نیشتەجێ بێت،
بەڵێ، ئەوەی یەزدان هەتاهەتایە تێیدا نیشتەجێیە؟
١٧ گالیسکەکانی خودا هەزاران هەزارانە،
پەروەردگار لە سیناوە هاتە پیرۆزگا.
١٨ ئەی یەزدان، کاتێك بەرزبوویتەوە بۆ بەرزایی،
دیلێکی زۆرت لەگەڵ خۆت برد،
دیاریت لە خەڵك وەرگرت،
تەنانەت لە یاخییەکانیش،
ئەی خودایە، بۆ ئەوەی تۆ لەوێ نیشتەجێ بیت.

١٩ ستایش بۆ پەروەردگار، بۆ خودای ڕزگاریمان،
ڕۆژ بە ڕۆژ بارمان هەڵدەگرێت.
٢٠ خودا بۆ ئێمە خودای ڕزگارییە،
لە مردن دەربازبوونیش لە یەزدانی پەروەردگارەوەیە.
٢١ بێگومان خودا سەری ناحەزانی پان دەکاتەوە،
تەوقی سەری ئەوانەی بە ڕێگای گوناهدا دەڕۆن.
٢٢ پەروەردگار دەفەرموێ: «لە باشانەوە دوژمنانت دەهێنمەوە،
لە قووڵایی دەریاکانەوە دەیانهێنمەوە،
٢٣ بۆ ئەوەی پێت بە خوێنیان سوور بێت،
زمانی سەگەکانت بەشیان هەبێت لێیان.»
٢٤ ئەی خودایە، کەژاوەی تۆیان بینی،
کەژاوەی خودا و پاشای من بەرەو پیرۆزگا.
٢٥ گۆرانیبێژەکان لەپێشەوەن و سازلێدەرەکان لە دواوە،
کچۆڵە دەف لێدەرەکان لەناوەڕاستیان.
٢٦ لە کۆڕ و کۆمەڵی گەورەدا ستایشی خودا بکەن،
ئەی ڕەچەڵەکی ئیسرائیل، ستایشی یەزدان بکەن.
٢٧ ئەوەتا هۆزی بنیامینی بچکۆڵە پێشەوایانە،
کۆمەڵێك سەرکردەی یەهودا،
سەرکردەکانی زەبولون و نەفتالی.

٢٨ ئەی خودایە، تواناکەتمان بۆ دەربخە،
ئەی خودایە، پاڵپشتیت دەربخە، هەروەك بۆ ئێمەت کرد.
٢٩ لە پەرستگاکەتەوە، لە ئۆرشەلیم،
پاشاکان دیاریت پێشکەش دەکەن.
٣٠ سەرزەنشتی گیانداری ناو قامیشەڵان بکە،
ڕەوە گا و گوێرەکەی گەلان،[b]
تاکو بە ملکەچییەوە پارچە زیو پێشکەش بکات.
ئەو گەلانەی حەزیان لە شەڕە، پەرتیان بکە.
٣١ باڵوێز لە میسرەوە دێن،
کوش[c] دەستی خۆی بۆ خودا درێژ دەکات.

٣٢ ئەی شانشینەکانی زەوی، گۆرانی بۆ خودا بڵێن،
مۆسیقا بۆ پەروەردگار بژەنن،
٣٣ بۆ سواری ئاسمان، ئاسمانی دێرین،
ئەوەتا دەنگی بەرز دەکاتەوە، بە دەنگێکی بەهێزەوە.
٣٤ با هێزی خودا ڕابگەیەنرێت،
ئەوەی شکۆمەندییەکەی بەسەر ئیسرائیلەوەیە،
ئەوەی هێزی لەناو هەورەکانە.
٣٥ خودایە، لە پیرۆزگاکەت سامدارتریت،

---

[a] ١٤ کێوێکی دارستاناوییە لە نزیك شەخەم. بڕوانە ڕابەران ٩:٤٨،٤٩.

[b] ٣٠ مەبەستی لە فیرعەون و سوپای نەتەوەکانی دیکەیە.

[c] ٣١ وڵاتێکە لە سەرووی ڕووباری نیل.

خودای ئیسرائیل هێز و توانا دەدات بە
گەلەکەی.
ستایش بۆ خودا!

## زەبووری ٦٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئاوازی گوڵی سەوسەن، بۆ داود.**

١ ئەی خودایە، ڕزگارم بکە،
چونکە ئاو هەتا لووتم هاتووە.
٢ لە زەلکاوێکی قووڵ نوقوم دەبم،
جێی پێی تێدا نییە.
چوومەتە ناو قووڵایی ئاو،
لافاو ڕایماڵیوم.
٣ ماندوو بووم لە هاوارکردن،
گەرووم ژان دەکات،
چاوەکانم کز بوون
هێندە چاوەڕوانی خودام بکەن.
٤ ئەوانەی بەبێ هۆ ڕقیان لێمە
لە مووی سەرم زۆرترن،
زیاد بوون ئەوانەی دەیانەوێت تێکم بشکێنن،
ئەوانەی بە ناڕەوا لە دژی منن.
ئەوەی نەمدزیوە
ئێستا دەبێت بیدەمەوە.

٥ ئەی خودایە، تۆ دەبەنگی من دەزانیت،
تاوانەکانم لە تۆ شاراوە نین.

٦ ئەی یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار،
با ئەوانەی هیوایان بە تۆیە،
بەهۆی منەوە ڕیسوا نەبن.
ئەی خودای ئیسرائیل،
با ئەوانەی بەدوای تۆدا دەگەڕێن،
بەهۆی منەوە شەرمەزار نەبن.
٧ لە پێناوی تۆ بەرگەی ڕیسواییم گرت،
شەرمەزاری ڕووی داگرتم.
٨ لەلای براکانم بووم بە بیانی،
لەلای کوڕانی دایکم بووم بە بێگانە.
٩ دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمسووتێنێت،
جنێوی ئەوانەی ڕیسوات دەکەن کەوتە سەر
من.
١٠ کاتێك گریام و بە ڕۆژووگرتن گیانم نزم کردەوە،
بوو بە سووکایەتی بۆم.
١١ جلوبەرگی گوشم پۆشی،
بووم بە پەند لەلایان،
١٢ بووم بە جێی سەرنجی ئەوانەی لەبەر دەروازە
دادەنیشن[a]،
مەستەکانیش دەربارەی من گۆرانی گاڵتەئامێز
هەڵدەبەستن.

١٣ ئەی یەزدان، من نوێژم بۆ تۆیە،
لە کاتی ڕەزامەندیت،
ئەی خودایە، بە گەورەیی خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەت،
بە ڕزگارییە دڵسۆزانەکەت وەڵامم بدەرەوە.
١٤ دەربازم بکە لە زەلکاو، با نوقوم نەبم،
لە دوژمنەکانم و لە قووڵایی ئاو دەرباز دەبم.
١٥ با لافاو ڕام نەماڵێت،
قووڵایی ئاو هەڵمنەلووشێت،
زەوی قووتم نەدات.

١٦ ئەی یەزدان، بەدەنگمەوە وەرە، چونکە
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت چاکە،
بەگوێرەی زۆری بەزەییەکەت ئاوڕم لێ بدەوە،
١٧ ڕووت لە خزمەتکاری خۆت مەپۆشە،
چونکە لە تەنگانەدام، زوو وەڵامم بدەوە.
١٨ لێم نزیك بەرەوە و گیانم دەرباز بکە،
لەبەر دوژمنانم بمکڕەوە.

١٩ تۆ بە سووکایەتی و شەرمەزاری و ڕیسوایی من
دەزانیت،
هەموو دوژمنەکانم لەبەردەمتن.

[a] ١٢ پیران و ماقوڵانی شار لەبەردەم دەروازەی شارەکە کۆبوونەتەوە.

٢٠ ڕیسوایی دڵی شکاندووم،
نەخۆش کەوتووم،
چاوەڕێی سۆز بووم، نەبوو،
چاوم لە دڵنەوایی گێڕا، دەستم نەکەوت.
٢١ ژەهری تاڵیان دەرخواردم دا،
لە تینوویەتیم سرکەیان دەرخوارد دام.

٢٢ با خوانەکەی بەردەمیان ببێتە داویان،
ببێتە سزا و تەڵەیان.
٢٣ با بەرچاویان تاریك بێت تاکو نەبینن،
هەمیشە پشتیان چەماوە بێت.
٢٤ هەڵچوونی خۆتیان پێدا هەڵبڕێژە،
با ئاگری تووڕەییت بیانگاتێ.
٢٥ با خێوەتگاکانیان چۆڵ بێت،
کەس نەبێت لە ڕەشماڵیان نیشتەجێ بێت!
٢٦ چونکە ئەوەی تۆ لێت داوە، ئەوان
دەیچەوسێننەوە و
ئەوەی تۆ بریندارت کردووە، باسی ئازارەکانی
دەکەن.
٢٧ تاوان بخەرە سەر تاوانەکانیان،
بێبەشیان بکە لە ڕاستودروستیت.
٢٨ لە پەڕتووکی ژیاندا بیانسڕەوە،
لەگەڵ ڕاستودروستان ناویان مەنووسە.

٢٩ ئەی خودایە، من لە ئازار و تەنگانەدام،
با ڕزگاریت بەرزم بکاتەوە.

٣٠ بە گۆرانی ستایشی ناوی خودا دەکەم،
بە سوپاسگوزارییەوە گەورەیی ڕادەگەیەنم.
٣١ ئەمە لەلای یەزدان لە گا چاکترە،
لە گوێرەکەی بە قۆچ و سم.
٣٢ هەژاران دەبینن و شاد دەبن،
ئەی ئەوانەی بەدوای خودا دەگەڕێن، با دڵتان
بووژێتەوە!
٣٣ چونکە یەزدان بە دەنگ ستەملێکراوانەوە
دەچێت،
بە سووکییەوە تەماشای دیلەکانی ناکات.
٣٤ با ئاسمان و زەوی ستایشی بکەن،
دەریاکانیش و هەرچی تێیاندا دەجوڵێت،
٣٥ چونکە خودا سییۆن ڕزگار دەکات و
شارەکانی یەهودا بنیاد دەنێتەوە،
لەوێ نیشتەجێ دەبن و دەبێتە موڵکیان،
٣٦ دەبێتە میرات بۆ منداڵی خزمەتکارەکانی،
ئەوانەی ناوی ئەویان خۆشدەوێت تێیدا
دەژین.

## زەبووری ٧٠

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان، بۆ داود، بۆ یادکردنەوە.**

١ ئەی خودایە، خێرابە بۆ دەربازکردنم،
ئەی یەزدان، پەلە بکە لە یارمەتیدانم.

٢ با شەرمەزار و سووك بن
ئەوانەی گیانی منیان دەوێت،
با ببەزن و ڕیسوا بن
ئەوانەی حەز بە خراپەی من دەکەن.
٣ با هەڵبێن لە شەرمان
ئەوانەی پێم دەڵێن: «هۆی ها! هۆی ها!»
٤ با هەموو ئەوانەی تۆیان دەوێت،
شاد و دڵخۆش بن.
با هەمیشە بڵێن: «مەزن بێت خودا!»
ئەوانەی حەز لە ڕزگاریی تۆ دەکەن.

٥ بەڵام سەبارەت بە من، هەژار و نەدارم،
خودایە، خێرا وەرە بۆ لام.
یارمەتیدەر و دەربازکەرم تۆی،
ئەی یەزدان، دوامەکەوە.

## زەبووری ٧١

١ ئەی یەزدان، من پەنا دەبەمە بەر تۆ،
با هەرگیز شەرمەزار نەبم،
٢ بە ڕاستودروستی خۆت فریام بکەوە و دەربازم
بکە.

گوێم بۆ ڕاگرە و ڕزگارم بکە.
٣ بۆم ببە بە تاشەبەردی پەنا،
هەمیشە پەنای بۆ ببەم.
فەرمانی ڕزگاریی من بدە،
چونکە تۆ تاشەبەردی منیت، تۆ قەڵای منیت.
٤ ئەی خودای من، لە دەستی بەدکاران،
لە چەپۆکی خراپەکاران و زۆرداران دەربازم بکە.

٥ ئەی یەزدانی باڵادەستم، چونکە تۆ هیوای منیت،
لە گەنجییەوە پشتوپەنای منیت.
٦ لە سکی دایکمەوە پشتم بە تۆ بەستووە،
تۆ بووی لە هەناوی دایکمەوە دەرتهێنام،
ستایشم هەمیشە بۆ تۆیە.
٧ بووم بە پەند لەلای زۆر کەس،
بەڵام تۆ پەناگای بەهێزی منیت.
٨ دەمم پڕە لە ستایشی تۆ،
لە شکۆدارکردنت بە درێژایی ڕۆژ.

٩ لە کاتی پیری فڕێمەدە،
کە هێزم لەبەر نەما وازم لێمەهێنە.
١٠ چونکە دوژمنەکانم قسەم لەسەر دەکەن،
ئەوانەی چاوەڕێی کوشتنم دەکەن، پێکەوە تەگبیر دەکەن.
١١ دەڵێن: «خودا وازی لێ هێناوە،
ڕاوی بنێن و بیگرن،
چونکە دەربازکەری نییە.»
١٢ خودایە، لێم دوور مەکەوە،
ئەی خودای من، زوو بگە فریام.
١٣ با شەرمەزار بن و لەناوبچن، ئەوانەی سکاڵام لێ دەکەن،
با بە ڕیسوایی و سووکایەتی بپۆشرێن،
ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت.

١٤ بەڵام من هەمیشە هیوادارم،
هەتا دێت زیاتر ستایشت دەکەم.
١٥ دەمم باسی ڕاستودروستیت دەکات،
بە درێژایی ڕۆژ باسی ڕزگاریت دەکات،
هەرچەندە پێوانەکەی نازانم.
١٦ دان بە پاڵەوانییێتی یەزدانی باڵادەستم دەنێم،
تەنها ڕاستودروستی تۆ دەهێنمەوە یاد.
١٧ خودایە، لە سەردەمی گەنجییەوە فێرت کردووم،
هەتا ئێستا کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ڕادەگەیەنم.
١٨ خودایە، تەنانەت لە پیری و ڕیش سپییێتیشم،
وازم لێ مەهێنە،
هەتا توانات بۆ نەوەی داهاتوو ڕابگەیەنم،
هێزت بۆ هەموو ئەوانەی دێن.

١٩ خودایە، ڕاستودروستیت هەتا بەرزاییە،
ئەوەی تۆ کردت زۆر مەزنە.
ئەی خودایە، کێ وەك تۆیە؟
٢٠ تۆ بووی تەنگانەی زۆر و تاڵت پیشاندام،
دەگەڕێیتەوە و زیندووم دەکەیتەوە،
لە ناخی زەوییەوە دووبارە بەرزم دەکەیتەوە.
٢١ مەزنێتیم زیاتر دەکەیت،
دەگەڕێیتەوە و دڵنەواییم دەکەیت.

٢٢ ئەی خودای من،
منیش بە ساز ستایشی دڵسۆزیت دەکەم،
ئەی پیرۆزەکەی ئیسرائیل،
بە قیسارەوە مۆسیقات بۆ دەژەنم.
٢٣ لێوەکانم هەلهەلە لێدەدەن،
کە گۆرانیت بۆ دەڵێم،
هەروەها گیانم، ئەوەی کە کڕیتەوە.
٢٤ زمانیشم بە درێژایی ڕۆژ باسی ڕاستودروستیت دەکات،
چونکە شەرمەزار و سووك بوون،
ئەوانەی خراپەی منیان دەوێت.

## زەبووری ٧٢

بۆ سلێمان.

١ ئەی خودایە، دادپەروەری خۆت بدە بە پاشا،

ڕاستودروستیت بە کوڕی پاشا.
[٢] با بە ڕاستودروستی حوکمی گەلەکەت بکات،
بە دادپەروەریش هەژارەکانت.

[٣] با چیاکان ئاشتی بۆ گەل دابین بکەن،
گردەکان ڕاستودروستی.
[٤] با دادوەری کلۆڵانی گەل بکات،
کوڕی نەداران ڕزگار بکات،
زۆرداران وردوخاش بکات.
[٥] با وەك خۆر بمێنێت،
وەك مانگ بە درێژایی نەوەکان.
[٦] وەك باران بەسەر گیادا ببارێت،
وەك هەور زەوی ئاو بدات،
[٧] ڕاستودروستان لە سەردەمی ئەو شکۆفە دەکەن،
ئاشتییەکی زۆر دەبێت هەتا فەوتانی مانگ.

[٨] لە دەریاوە هەتا دەریا حوکم دەکات،
لە ڕووباری فوراتەوە هەتا ئەوپەڕی زەوی.
[٩] بیابانشینەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و
ناحەزانی تۆز دەلێسنەوە.
[١٠] پاشاکانی تەرشیش[a] و دوورگە دوورەکان سەرانە دەنێرن،
پاشاکانی شەبا و سەبا[b] دیاری بۆ دێنن.
[١١] هەموو پاشاکان کڕنۆشی بۆ دەبەن و
هەموو نەتەوەکان خزمەتی دەکەن.

[١٢] چونکە نەدار هاواری بۆ ببات، دەربازی دەکات،
چەوسێنراوەش کە یارمەتیدەری نییە.
[١٣] بەزەیی بە لاواز و نەداردا دێتەوە،
گیانی نەدارەکان ڕزگار دەکات،
[١٤] گیانیان لە ستەم و توندوتیژی دەکڕێتەوە،
خوێنی ئەوان لەلای بەنرخە.

[١٥] تەمەن درێژ بێت!
با لە زێڕی شەبای پێبدرێت،
با هەمیشە خەڵك نزای بۆ بکەن،
با بە درێژایی ڕۆژ داوای بەرەکەتی بۆ بکەن.
[١٦] با دانەوێڵەیەکی زۆر لەسەر زەوی بێت،
لەسەر لووتکەی گردەکان،
بەرهەمی وەك لوبنان بشەکێتەوە،
با ئەوانەی لە شارەکانن وەك گیای کێڵگە چرۆ بکەن.
[١٧] با هەتاهەتایە ناوی بمێنێت،
هەتا خۆر مابێت ناوی بەردەوام بێت.

هەموو نەتەوەکان لەوەوە بەرەکەتدار بن،
هەمووان خۆزگەی پێ بخوازن.

[١٨] ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگار، خودای ئیسرائیل،
بە تەنها ئەوە کاری سەرسوڕهێنەر دەکات.
[١٩] هەتاهەتایە ستایش بۆ ناوی شکۆداری،
با شکۆمەندییەکەی هەموو جیهان پڕ بکات.
ئامین و ئامین.

[٢٠] لێرەدا نوێژەکانی داودی کوڕی یەسا تەواو بوون.

## کۆکراوەی بەشی سێیەم

## زەبوورەکانی ٧٣–٨٩

## زەبووری ٧٣

**زەبوورێکی ئاساف.**

[١] بێگومان خودا چاکە بۆ ئیسرائیل،
بۆ دڵپاکەکان.

[٢] بەڵام من خەریك بوو پێم بخزێت و
زۆری نەمابوو هەنگاوم بخلیسکێت،
[٣] چونکە بەغیلیم بە لووتبەرزەکان برد،
کە ئاسوودەیی بەدکارانم دی.

[٤] چونکە ترسیان لە مردن نییە،
جەستەیان تەندروست و قەڵەوە.

[a] ١٠ تەرشیش: دوایین سنووری ڕۆژئاوای جیهان بووە کە ئەو سەردەمە مرۆڤ پێی زانیبێت.
[b] ١٠ ناوی هۆز و شوێنە، دەکەونە یەمەن و هەندێکیان کۆچیان کردووە بۆ ئەسیوپیا. خەڵکەکەی بە بازرگانی بەناوبانگ بوون.

[٥] لە ڕەنجکێشانی مرۆڤ بەدەرن،
وەك خەڵکی تێناکەون.
[٦] بۆیە لووتبەرزییان وەك ملوانکە لە مل کردووە و
بەرگی توندوتیژییان پۆشیوە.
[٧] خراپە لە دڵی بێ بەزەییانەوە دێت،
لێکدانەوەی دڵیان بێ سنوورە.
[٨] گاڵتەجاڕی دەکەن و بە خراپە دەدوێن،
بە لووتبەرزییەوە باسی ستەم دەکەن.
[٩] ڕووی دەمیان لە ئاسمان کردووە،
زمانیشیان بەسەر زەویدا دەگێڕن.
[١٠] بۆیە خەڵکی خۆیان دێنە لایان و
باوەڕ بە قسەکانیان دەکەن[a].
[١١] دەڵێن: «چۆن خودا دەزانێت؟
ئایا لەلای هەرەبەرز زانیاری هەیە؟»

[١٢] ئەوەتا ئەمانە بەدکارن،
هەمیشە لە خۆشیدان و سامانیان لە
زیادبووندایە.

[١٣] بێگومان بە بێهوودە دڵی خۆمم بە پاکی
ڕاگرتووە،
دەستیشم بە بێگەردی شوشتووە.
[١٤] بە درێژایی ڕۆژ لێم قەومابوو،
هەتا بەرەبەیان تەمبێ کرابووم.

[١٥] ئەگەر بە ڕاشکاوی قسەم دەکرد،
ئەوا لەگەڵ منداڵەکانت ناپاك دەبووم.
[١٦] کاتێك ویستم لەمە تێبگەم،
بە ئەرکێکی سەختم بینی،
[١٧] هەتا چوومە ناو پیرۆزگای خودا،
ئەوسا لە چارەنووسیان گەیشتم.

[١٨] بە ڕاستی لە جێگایەکی خلیسك داتناون،
تووشی وێرانیت کردوون.
[١٩] چۆن بە چاوتروکانێك وێران بوون،
لە ترسان بە تەواوی لەناوچوون!

[٢٠] ئەی پەروەردگار، وەك خەون کاتی بەئاگا
هاتنەوە،
لە کاتی بەئاگایی وەك خەون ڕیسوایان
دەکەیت.

[٢١] کاتێك دڵم تەنگ بوو،
وەك شمشێر هەناومی بڕی،
[٢٢] گێل و نەزان بووم،
لەلای تۆ وەك ئاژەڵم لێهات.

[٢٣] لەگەڵ ئەوەشدا، من هەمیشە لەلای تۆم،
دەستە ڕاستی منت گرت.
[٢٤] بە ئامۆژگاریت ڕێنماییم دەکەیت،
پاشان بۆ شکۆمەندیم دەبەیت.
[٢٥] لە تۆ بەولاوە لە ئاسمان کێم هەیە؟
ئەگەر لەگەڵ تۆ بم، لەسەر زەویش هیچ نییە
ئارەزووی بکەم.
[٢٦] جەستە و دڵم کۆتاییان پێهات،
بەڵام هەتاهەتایە هێزی دڵ و بەشی من
خودایە.

[٢٧] چونکە ئەوەتا ئەوانەی لە تۆ دوورن وێڵ دەبن،
ئەوانەی ناپاکیت لەگەڵ بکەن دوایان
دەبڕێتەوە.
[٢٨] بەڵام نزیکبوونەوە لە خودا بۆ من باشە،
یەزدانی باڵادەستم کرد بە پەناگام،
هەتا باسی هەموو کردەوەکانت بکەم.

## زەبووری ٧٤

هۆنراوەیەکی ئاساف.

[١] ئەی خودایە، بۆچی هەتاهەتایە ڕەتت کردینەوە؟
بۆچی تووڕەییت دووکەڵ دەکات بەسەر مەڕی
لەوەڕگاکەتدا؟
[٢] کۆمەڵی خۆت لەبیر بێت، کە لە کۆنەوە
بەدەستت هێناوە،
هۆزی میراتی خۆتت کڕییەوە،

[a] ١٠ عیبری: ئاو بە زۆری دەخۆنەوە.

ئەم کێوی سییۆنە کە تێیدا نیشتەجێ بوویت.
٣ هەنگاو هەڵبڕە بەرەو وێرانگای هەمیشەیی،
هەموو ئەو وێرانکارییەی کە دوژمن بە
پیرۆزگای کرد.

٤ ناحەزەکانت لە ناوەڕاستی شوێنی چاوپێکەوتنی
تۆدا نەڕاندیان،
ئاڵاکانیان وەك نیشانە چەقاند.
٥ لەوانە دەچوون کە تەورەکانیان بەرزکردووەتەوە،
لەسەر داری دارستانەکان.
٦ بە تەور و چەکوش تێکیان شکاند،
هەموو نەخشێنراوەکان.
٧ ئاگریان لە پیرۆزگاکەت بەردا،
ئەو شوێنەی کە ناوی تۆی تێدا نیشتەجێیە
گڵاویان کرد.
٨ لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «بە تەواوی بەسەریاندا
زاڵ دەبین!»
هەموو نزرگەیەکی خودایان لەسەر زەوی
سووتاند.

٩ پەرجووەکانمان[a] نابینین و
هیچ پێغەمبەرێك نەماوە،
کەسیشمان نازانێت تاکو کەیە.
١٠ ئەی خودایە، هەتا کەی ناحەزان جنێو بدەن؟
ئایا دوژمن هەتاهەتایە بێزیان لە ناوی تۆ
بێتەوە؟
١١ بۆچی دەستت دەگەڕێنیتەوە؟
دەستی ڕاستت لە باخەڵت دەربهێنە و لەناویان
ببە!

١٢ بەڵام خودایە، تۆ هەر لە ئەزەلەوە پاشای منی،
دروستکەری ڕزگاریت لەناوەڕاستی زەوی.

١٣ تۆ بە هێزی خۆت دەریات شەقکرد،
سەری ئەژدیهاکانی دەریات لەسەر ئاو
پانکردەوە.
١٤ تۆ سەرەکانی لیڤیاتانت[b] وردوخاش کرد،
کردت بە خۆراکی دڕندە بیابانییەکان.
١٥ تۆ کانی و جۆگەکانت تەقاندەوە،
تۆ ڕووبارە هەمیشە ڕۆیشتووەکانت وشککرد.
١٦ ڕۆژ هی تۆیە و شەویش هی تۆیە،
تۆ ڕووناکی و خۆرت دامەزراند.
١٧ هەموو سنوورەکانی زەوی تۆ دیارت کردوون،
تۆ هاوین و زستانت داهێناوە.

١٨ ئەی یەزدان، ئەمەت لەبیر بێت، ناحەزان
سووکایەتییان پێت کرد،
گەلێکی گێل بێزیان لە ناوی تۆ کردەوە.
١٩ گیانی کۆترەکەت[c] مەدە زیندەوەرەکان،
هەرگیز ژیانی گەلە چەوسێنراوەکەت لەبیر
مەکە.
٢٠ پەیمانی خۆت لەبیر بێت،
چونکە هەموو شوێنە تاریکەکانی زەوی بوونە
لانەی توندوتیژی.
٢١ ڕێ مەدە کەسی تێکشکاو بە شەرمەزاری
بگەڕێتەوە.
با هەژار و کڵۆڵان ستایشی ناوت بکەن.
٢٢ ئەی خودایە، ڕاپەڕە، بەرگری لە مافی خۆت بکە!
لەبیرت بێت چۆن گێلەکان بە درێژایی ڕۆژ
گاڵتەیان پێت دەکرد.
٢٣ قسەی دژەکانت لەبیر مەکە،
ژاوەژاوی نەیارانت کە بەردەوام لە زیادبوونە.

## زەبووری ٧٥

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی «وێران مەکە»،**

**زەبوورێکی ئاساف. گۆرانییەك.**

١ ئەی خودایە، ستایشت دەکەین،
ستایشت دەکەین، چونکە ناوت نزیکە،

[a] ٩ پەرجوو: موعجیزە.

[b] ١٤ جۆرە ئەژدیهایەکە، بڕوانە ئەیوب ٤١:١.

[c] ١٩ مەبەستی لە گەلی ئیسرائیلە، بڕوانە هۆشەع ٧:١١.

خەڵکی باسی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت
دەکەن.

٢ تۆ دەفەرمووی: «کات دیار دەکەم،
بە ڕاستی دادوەری دەکەم.
٣ کە زەوی و هەموو دانیشتووانەکەی دەلەرزن،
منم کۆڵەکەکانی دەچەسپێنم.[a]
٤ بە لووتبەرزان دەڵێم: ”لووتبەرز مەبن،“
بە خراپەکاران: ”هێزتان دەرمەخەن.
٥ هێزتان بەرەو ئاسمان دەرمەخەن،
بە کەللەڕەقی مەدوێن.“»

٦ چونکە نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژئاوا،
نە لە بیابان کەس ناتوانێ مرۆڤ بەرز بکاتەوە،
٧ بەڵکو خودایە دادپەروەری دەکات،
ئەم نزم دەکات و ئەو بەرز دەکاتەوە.
٨ چونکە جام بەدەستی یەزدانەوەیە،
پڕە لە مەی ترشاو و تێکەڵ بە داوودەرمان،
لەمە تێدەکات، هەموو بەدکارانی سەر زەوی
لێی بخۆنەوە و تاوەکو خڵتەکەی بەتاڵی بکەن.

٩ بەڵام من هەتاهەتایە ئەمە ڕادەگەیەنم،
گۆرانی بۆ خودای یاقوب دەڵێم، کە
دەفەرموێت:
١٠ «هێزی هەموو بەدکارەکان دەڕووخێنم،
هێزی ڕاستودروستانیش زیاد دەکەم.»

## زەبووری ٧٦

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئامێری ژێدار. زەبوورێکی ئاساف. گۆرانییەک.**

١ لە یەهودا خودا ناسراوە،
لە ئیسرائیلدا ناوی گەورەیە!
٢ کەپری لە شالیمە[b]،
هەواری لە سییۆنە.
٣ لەوێ تیرە گڕدارەکان و
قەڵغان و شمشێر جەنگەکانی تێکشکاند.[c]

٤ تۆ ڕەوشەنی،
لە چیای نێچیرەکان شکۆدارتری.
٥ قارەمانەکانماڵیان بە تالان چوو،
دوایین خەوی خۆیان نوستن،
هیچ جەنگاوەرێك نەیتوانی دەست بکاتەوە.
٦ ئەی خودای یاقوب، بە سەرزەنشتی تۆ،
ئەسپ و سوار پێکەوە کەوتنە خەوێکی
قووڵەوە!

٧ تۆ خۆت بەسامیت!
لە کاتی تووڕەییت، کێ لەبەردەمت
ڕادەوەستێت؟
٨ لە ئاسمان حوکمت بیسترا،
زەوی ترسا و کپ بوو،
٩ بە هەستانی خودا بۆ دادوەری،
بۆ ڕزگارکردنی هەموو ستەملێکراوانی زەوی.
١٠ چونکە تووڕەیی مرۆڤ ستایشت دەکات،
خۆتت بە پاشماوەی تووڕەیی چەکدار کردووە.

١١ نەزر بۆ یەزدانی پەروەردگارتان بکەن و بەجێی
بهێنن.
ئەی هەموو ئەوانەی لە دەوریدان،
دیاری پێشکەش بە سامناك بکەن.
١٢ ئەوەی ڕۆحی میرەکان دەشکێنێت،
سامناکە بۆ پاشاکانی سەر زەوی.

## زەبووری ٧٧

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان. ئاوازی یەدوتون، زەبوورێکی ئاساف.**

١ دەنگم بۆ خودا بەرز دەکەمەوە، هاوار دەکەم،

[a] ٣ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٢ واتە (ئاشتی)، مەبەست لە شاری ئۆرشەلیمە (قودس).

[c] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٩، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

دەنگم بۆ خودا بەرز دەکەمەوە، گوێم لێ
بگرە.
٢ لە ڕۆژی تەنگانەم بەدوای پەروەردگاردا
دەگەڕێم،
بە درێژایی شەو دەست پان دەکەمەوە، بێ
ئەوەی سڕبێت.
گیانم نەوازش ڕەت دەکاتەوە.

٣ بیر لە خودا دەکەمەوە و دەناڵێنم،
ورد دەبمەوە و ڕۆحم دەبووڕێتەوە.[a]
٤ پێڵووی چاوەکانمت گرت،
شپرزە بووم، قسەم پێ نەکرا.
٥ بیر لە ڕۆژگاری دێرین دەکەمەوە،
ساڵانی ڕابردوو.
٦ شەوانە لە دڵی خۆم بیر لە ئاوازەکانم دەکەمەوە،
ورد دەبمەوە و ڕۆحم دەگەڕێت:

٧ «ئایا هەتاهەتایە پەروەردگار ڕەت دەکەیتەوە؟
چیتر لێمان ڕازی نابێتەوە؟
٨ ئایا خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتایە
نەماوە؟
ئایا بەڵێنەکانی بۆ نەوە دوای نەوە دواییان
هاتووە؟
٩ ئایا خودا میهرەبانی لەبیر کردووە؟
یان لە تووڕەیی بەزەیی خۆی داخستووە؟»

١٠ ئینجا دەڵێم: «ئەمە دەردی منە:
دەستە ڕاستەی خودای هەرەبەرز گۆڕاوە.»
١١ کردارەکانی یەزدان دێنمەوە یادم،
بێگومان پەرجووەکانی تۆم لەبیرە کە لە
کۆنەوەیە.
١٢ لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە و
بیر لە کردەوە مەزنەکانت دەکەمەوە.

١٣ ئەی خودایە، ڕێگات پیرۆزە.
چ خودایەك وەك خودا مەزنە؟
١٤ تۆ ئەو خودایەی کە پەرجووت کردووە و
هێزی خۆتت لەنێو خەڵك دەرخستووە.
١٥ بە بازووی خۆت گەلی خۆتت کڕییەوە،
نەوەی یاقوب و یوسف.

١٦ ئەی خودایە، کە ئاوەکان تۆیان بینی،
کە ئاوەکان تۆیان بینی ترسان،
بگرە قووڵاییەکان هەژان.
١٧ هەورەکان ئاویان ڕشت،
هەورەتریشقەکان دەنگیان دایەوە،
هەروەها تیرەکانت بریسکانەوە.
١٨ گرمەی هەورەتریشقەی تۆ لە گەردەلوول،
بروسکەکان دنیایان ڕووناك کردەوە،
زەوی لەرزی و هەژا.
١٩ ڕێگات بە ناو دەریادایە،
ڕێچکەکانت بە ناو ئاوە زۆرەکانە،
شوێن پێیەکانت نەزانران.

٢٠ لەسەر دەستی موسا و هارون،
وەك مێگەلە مەڕ ڕێنمایی گەلی خۆتت کرد.

## زەبووری ٧٨

**هۆنراوەیەکی ئاساف.**

١ ئەی گەلی من، گوێ بدەنە فێرکردنم،
گوێ شل بکەن بۆ قسەکانی دەمم.
٢ بە نموونە دەمم دەکەمەوە،
مەتەڵی ڕۆژگاری کۆن دەردەبڕم.
٣ ئەو شتانەی بیستوومانە و زانیومانە،
ئەوەی باوباپیرانمان پێیان گوتووین.
٤ ئەو شتانە لە منداڵەکانیان ناشارینەوە،
بەڵکو بە نەوەی داهاتوو،
ستایشی یەزدان ڕادەگەیەنین،
هێزی و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی کە
کردوویەتی.
٥ لەناو بنەماڵەی یاقوب شەریعەتی[b] دامەزراند،

[a] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٩ و ١٥، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٥ بڕوانە دەرچوون ١٦:٣١-٣٤.

لەناو ئیسرائیل تەورات،
کە باوباپیرانی ئێمەی ڕاسپارد
کە فێری منداڵانی خۆیانی بکەن،
٦ بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بیانزانێت،
ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن،
ئەوانیش هەستن و بۆ منداڵانی خۆیانی باس بکەن.
٧ ئینجا هیوایان بە خودا دەبێت،
کردارەکانی خودایان لە یاد ناچێ،
بەڵکو ڕاسپاردەکانی بەجێدەگەیەنن.
٨ بۆ ئەوەی وەك باوباپیرانیان نەبن،
نەوەیەکی یاخی و کەللەڕەق،
نەوەیەك جگەرسۆز نەبوو بۆ خودا،
ڕۆحیشیان دڵسۆزی ئەو نەبوو.

٩ ئەفرایمییەکان کە چەکیان تیروکەوان بوو،
لە ڕۆژی جەنگدا گەڕانەوە.
١٠ پەیمانی خودایان شکاند،
بەپێی فێرکردنی نەجوڵانەوە.
١١ کردارەکانی خودایان لەبیر کرد،
ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە پیشانی دابوون.
١٢ لەبەرچاوی باوباپیرانیان پەرجووی کرد،
لە خاکی میسر، لە وڵاتی چۆعەن[a].
١٣ دەریای شەقکرد و پەڕاندنیەوە،
وەك بەربەست ئاوی ڕاگرت.
١٤ بە ڕۆژ بەهۆی هەورەوە ڕێبەری کردن،
بە درێژایی شەویش بە ڕووناکی ئاگر.
١٥ لە بیابان تاشەبەردی شەقکرد و ئاوی پێدان،
ئەوەندە زۆر وەك لە دەریاوە بێت.
١٦ جۆگەی لەناو تاشەبەرد هەڵقوڵاند،
وەك ڕووبار ئاوی بەردایەوە.

١٧ بەڵام بەردەوام بوون لە گوناهکردن لە دژی،
لە یاخیبوون لە دژی هەرەبەرز لە بیابان.
١٨ لە دڵی خۆیاندا خودایان تاقی کردەوە
بە داواکردنی ئەو خواردنەی دڵیان پێوەی بوو.
١٩ لە دژی خودا دوان، گوتیان:
«ئایا خودا دەتوانێت لە چۆڵەوانی مێزێك بڕازێنێتەوە؟
٢٠ ئەوەتا لە تاشەبەردەکەی دا و ئاوی لێ هێنا،
جۆگەکان ئاویان لێ ڕژا!
ئایا دەتوانێت نانیش بدات و
گۆشت بۆ گەلەکەی دابین بکات؟»
٢١ کە یەزدان ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو،
ئاگری داگیرسا لە دژی یاقوب،
هەروەها تووڕەیی هەستا لە ئیسرائیل،
٢٢ چونکە بڕوایان بە خودا نەهێنا و
پشتیان بە ڕزگاریی ئەو نەبەست.
٢٣ جا فەرمانی دا بە هەورەکان لە بەرزایی،
دەرگای ئاسمانی کردەوە،
٢٤ مەنی بەسەریاندا باراند بۆ خواردن و
دانەوێڵەی ئاسمانی پێدان.
٢٥ مرۆڤ نانی فریشتەکانیان خوارد،
ئازووقەی بۆ ناردن هەتا تێربوون.
٢٦ لە ئاسمانەوە بای ڕۆژهەڵاتی هەڵکرد،
بە هێزیشی بای باشووری بەرەو پێش برد.
٢٧ وەك خۆڵ گۆشتی بەسەریاندا باراند،
وەك لمی دەریاکان پەلەوەری باڵدار.
٢٨ باراندییە ناو ئۆردوگاکەیان،
لە دەوروبەری چادرەکانیان.
٢٩ خواردیان و زۆر تێر بوون،
ئەوەی دڵیان پێوەی بوو بۆی هێنان.
٣٠ بەڵام بەر لەوەی ئەوەی حەزیان لێی بوو بەجێی بهێڵن،
هێشتا خواردنەکەیان لەناو دەم بوو،
٣١ تووڕەیی خودا لێیان هەستا،
هەرە بەهێزەکانی کوشتن و
باشترین گەنجەکانی ئیسرائیلی خست.

٣٢ لەگەڵ ئەمەشدا گوناهیان کردەوە،
بڕوایان بە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی نەکرد.
٣٣ بە فوویەك ڕۆژگاری لەناوبردن،

[a] ١٢ شارێکی میسرییە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی دەلتای نیلەوە.

بە تۆقاندنی ساڵانیان.
[٣٤] ئەگەر بیانکوژێت بەدوای دەکەون،
بە پەرۆشەوە دەگەڕێنەوە لای.
[٣٥] بەبیریان دێتەوە کە خودا تاشەبەردیانە،
خودای هەرەبەرزیشە کە دەیانکڕێتەوە[a].
[٣٦] بەڵام بە دەم فێڵ دەکەن،
بە زمان درۆی لەگەڵ دەکەن.
[٣٧] دڵیان لەلای ناچەسپێت،
دڵسۆز نین لەگەڵ پەیمانەکەی.
[٣٨] ئەویش بەزەییدارە و
لە گوناە خۆشدەبێت و نافەوتێنێت.
زۆر جار تووڕەیی خۆی دەگێڕێتەوە،
هەموو هەڵچوونی خۆی دەرنابڕێت.
[٣٩] بەبیری دێتەوە ئەمانە مرۆڤن،
بایەکن هەڵدەکەن و ناگەڕێنەوە.

[٤٠] چەند جار لە چۆڵەوانی لێی یاخیبوون،
لە بیابان دڵتەنگیان کرد.
[٤١] جار لەدوای جار خودایان تاقی کردەوە،
خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیلیان ئەزیەت دا.
[٤٢] دەستی ئەویان لەبیرچوو،
ئەو ڕۆژەی ئەوانی لە دوژمن کڕییەوە.
[٤٣] ئەو ڕۆژەی لە میسر نیشانەی پیشاندا،
لە وڵاتی چۆعەن پەرجووی کرد.
[٤٤] ڕووبار و جۆگەکانیانی گۆڕی بۆ خوێن،
بۆ ئەوەی نەخۆنەوە.
[٤٥] مێشومەگەزی نارد پێوەیان دان،
بۆقی نارد بۆگەنیان کردن.
[٤٦] بەروبوومی ئەوانی دا بە سن،
بەری ماندووبوونیان بە کوللە.
[٤٧] بە تەرزە ڕەزەمێوەکانی کوتان و
بە زوقم دار هەنجیرەکانی وشککردن.
[٤٨] گاوگۆتاڵی ئەوانی خستنە بەر تەرزە و
ئاژەڵی ماڵی دانە بەر بروسکە.

[a] ٣٥ عیبری: بە واتای خوێنگر دێت، بۆ تێگەیشتن لەم دەربڕینە بڕوانە ڕائووس ٤.

[٤٩] گڕی هەڵچوونی خۆی ڕژاندە سەریان، تووڕەیی و تۆڵە و بەڵا،
بە فریشتەی لەناوبەر ناردی.
[٥٠] ڕێگای بۆ تووڕەیی خۆی خۆشکرد،
مردنی لێ نەگێڕانەوە،
ژیانیانی تووشی دەرد کرد.
[٥١] لە هەموو نۆبەرەکانی میسری دا،
یەکەمین بەرهەمی پیاوەتی وڵاتی حام[b].
[٥٢] ئینجا وەک مەڕ گەلەکەی بەپێشدا،
وەک ڕان لە چۆڵەوانی ڕابەرایەتی کردن.
[٥٣] بەبێ ترس بەرەو ئاسوودەیی ڕێنمایی کردن،
بەڵام دەریا دوژمنەکانی داپۆشین.
[٥٤] بردنی بۆ سنووری خاکی پیرۆز،
ئەو چیایەی بە دەستی ڕاستەی بەدەستیهێنا.
[٥٥] نەتەوەکانی لەبەردەم دەرکردن،
میراتی بە گوریس بۆ دابەش کردن،
هۆزەکانی ئیسرائیلی لە خێوەتەکانیان نیشتەجێ کرد.

[٥٦] بەڵام خودای هەرەبەرزیان تاقی کردەوە و یاخی بوون،
یاساکەیان شکاند.
[٥٧] هەڵگەڕانەوە و فێڵبازییان کرد،
وەک باپیرانیان لەڕێ لایاندا، وەک کەوانێکی نارێک.
[٥٨] بە نزرگەکانیان لەسەر بەرزاییەکان پەستیان کرد،
بە بتەکانیان ئیرەیی[c] ئەویان جۆشاند.
[٥٩] خودا ئەمەی بیست، پڕ تووڕەیی بوو،
بە تەواوی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە.
[٦٠] چادری پەرستنی شیلۆی[d] بەجێهێشت،
ئەو چادرەی لەناو مرۆڤ هەڵیدابوو.

[b] ٥١ مەبەست وڵاتی میسرە.
[c] ٥٨ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە بتپەرستی، چونکە خودا دەیەوێت تەنها ئەو بپەرسترێت.
[d] ٦٠ شارێک بوو لە باکووری بێت ئێل. یەهۆشع ئەو شوێنەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی سندوقی پەیمان و چادری چاوپێکەوتنی تێدا دابنێن.

[61]سندوقی پەیمانی خۆی دایە دەست،
هێمای هێز و شکۆی خۆی دایە دەست
ناحەزەکانی.
[62]گەلی خۆی خستە بەردەمی شمشێر،
لە میراتەکەی تووڕە بوو.
[63]گەنجەکانیان ئاگر هەڵیلووشین،
کچەکانیان هەلهەلەیان لێ نەدا.
[64]کاهینەکانیان بە شمشێر کەوتن،
بێوەژنەکانیان شیوەنیان نەگێڕا.

[65]ئەوسا پەروەردگار وەک خەوتوویێک هەستا،
وەک پاڵەوانێک لە سەرخۆشی بەهۆش بێتەوە.
[66]لە دوژمنەکانی دا بۆ دواوە،
کردنی بە ڕیسوایی هەمیشەیی.
[67]خێوەتەکانی یوسفی ڕەتکردەوە،
هۆزی ئەفرایمی هەڵنەبژارد،
[68]بەڵکو هۆزی یەهودای هەڵبژارد،
کێوی سییۆن کە خۆشی دەوێت.
[69]وەک بەرزاییەکان پیرۆزگای خۆی بنیاد نا،
وەک زەوی هەتاهەتایە چەسپاندی.
[70]داودی بە خزمەتکاری خۆی هەڵبژارد و
لەناو پشتیری مەڕ دەریهێنا.
[71]لەدوای مەڕە شیردەرەکانەوە هێنای،
بۆ ئەوەی ببێتە شوانی یاقوبی گەلی خۆی،
ئیسرائیلی میراتگری خۆی.
[72]ئەویش بە دڵپاکییەوە شوانایەتی کردن،
بە دەستێکی کارامە ئاراستەی کردن.

## زەبووری ٧٩

### زەبوورێکی ئاساف.

[1]ئەی خودایە، نەتەوەکان هاتوونەتە ناو میراتی
تۆ،
پەرستگای پیرۆزی تۆیان گڵاو کردووە،
ئۆرشەلیمیان کردووە بە کەلاوە.
[2]تەرمی خزمەتکارەکانی تۆیان
کردووە بە خۆراکی باڵندەی ئاسمان و
گۆشتی خۆشەویستانت بۆ دڕندەی زەوی.
[3]لە دەوروبەری ئۆرشەلیم وەک ئاو خوێنیان ڕشتن،
کەس نەبوو بیاننێژێت.
[4]بووین بە پەندی دراوسێکانمان،
بووین بە سووکایەتی و گاڵتەجاڕی
دەوروبەرمان.

[5]ئەی یەزدان هەتا کەی؟ ئایا هەتاسەر هەر تووڕە
دەبیت؟
هەتا کەی ئیرەییت وەک ئاگر دەسووتێت؟
[6]تووڕەیی خۆت بەسەر ئەو نەتەوانەدا ببارێنە کە
پشت گوێت دەخەن،
بەسەر ئەو شانشینانەدا بیڕێژە کە بە ناوی تۆ
ناپاڕێنەوە.
[7]چونکە ئەوانە یاقوبیان هەڵلووشیوە،
نیشتیمانیان خاپوور کردووە.

[8]گوناهی باپیرانی پێش خۆمان لەسەر مەژمێرە،
با بەزەییت زوو پێشمان بکەوێت،
چونکە ئێمە زۆر زەلیل بووین.
[9]ئەی خودای ڕزگارکەرمان، یارمەتیمان بدە،
لەبەر شکۆی ناوی خۆت.
دەربازمان بکە و لە گوناهمان خۆشبە،
لە پێناوی ناوی خۆت.
[10]بۆچی نەتەوەکان بڵێن:
«کوا خوداکەیان؟»

با هەموو نەتەوەکان بزانن کە تۆ لەبەرچاوی
هەموومان
تۆڵەی خوێنی ڕژاوی خزمەتکارەکانی خۆت
دەکەیتەوە.
[11]با ناڵە و هاواری دیلەکانت پێ بگات،
بە گەورەیی بازووی خۆت بیانهێڵەوە
ئەوانەی سزای مردنیان بەسەردا دراوە.
[12]ئەی پەروەردگار، حەوت ئەوەندەی ئەو
سووکایەتییەی
دراوسێکانمان پێیان کردی،

لە باوەشیان سووکایەتییان پێ بکە.
١٣ ئینجا ئێمەی گەلی تۆ، مەڕی لەوەڕگای تۆ،
هەتاهەتایە ستایشت دەکەین،
نەوە بە نەوە باسی ستایشی تۆ دەکەین.

## زەبووری ٨٠

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، بە ئاوازی گوڵی سەوسەنی پەیمان. بۆ ئاساف، زەبوور.**

١ ئەی شوانی ئیسرائیل، گوێ ڕادێرە،
ئەی ڕابەری یوسف وەك مێگەل،
ئەی ئەوەی لەنێوان کەڕووبەکان لەسەر تەخت دانیشتوویت[a]، بدرەوشێوە
٢ لەبەردەم ئەفرایم و بنیامین و مەنەشە.
پاڵەوانییێتی خۆت دەربخە،
بۆ ڕزگاریی ئێمە وەرە.

٣ ئەی خودایە، بمانگەڕێنەوە،
ڕووی خۆتمان بۆ بدرەوشێنەوە
بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت.

٤ ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار،
هەتا کەی لەسەر نوێژی گەلەکەت تووڕە دەبیت؟
٥ تۆ نانی فرمێسکت دەرخوارد داون،
فرمێسکت پڕ بە پێوانە پێ نۆشیون.
٦ دەمانکەیتە مایەی ناکۆکی لەلای دراوسێکانمان،
ناحەزانمان لەناو خۆیان پێمان پێدەکەنن.

٧ ئەی خودای سوپاسالار، بمانگەڕێنەوە،
ڕووی خۆتمان بۆ بدرەوشێنەوە
بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت.

٨ دار مێوێکت لە میسرەوە گواستەوە،
نەتەوەکانت وەدەرنا و چاندت.
٩ خاکت بۆ ئامادە کرد،
ڕەگ و ڕیشەیت داکوتا، زەوی پڕکرد.
١٠ سێبەرەکەی چیاکانی داپۆشی،
چڵەکانی ئورزە گەورەکان.
١١ لقی هەتا دەریا[b] هاویشت،
پۆپکەکانی بۆ دەم ڕووبار[c].

١٢ بۆچی شووراکانیت ڕووخاند
تاکو هەر ڕێبوارێك لێی بکاتەوە؟
١٣ بەرازی دارستان وێرانی دەکات،
زیندەوەرەکانی کێڵگە لەسەری دەلەوەڕێن.
١٤ ئەی خودای سوپاسالار بمانگەڕێنەوە!
لە ئاسمانەوە سەیر بکە و ببینە!
ئەم دار مێوە بەسەربکەوە،
١٥ ئەو قەدەی دەستی ڕاستت چاندوویەتی،
ئەو کوڕەی بۆ خۆت بەهێزت کردووە.

١٦ سووتاوە و بە ئاگر بڕاوەتەوە،
بە سەرزەنشتی ڕووی تۆ گەلەکەت لەناودەچێت.
١٧ با دەستت لەسەر مرۆڤی دەستە ڕاستت بێت،
لەسەر ئەو کوڕەی مرۆڤ بۆ خۆت بەهێزت کردووە.
١٨ ئینجا لێت هەڵناگەڕێینەوە،
بمانژیێنەوە و بە ناوی تۆوە نزا دەکەین.

١٩ ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار، بمانگەڕێنەوە!
ڕووی خۆتمان بۆ بدرەوشێنەوە
بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت.

---

[a] ١ لە سەردەمی پەیمانی کۆن خودا لە شوێنی هەرەپیرۆزی پەرستگا ئامادە دەبوو، بە تایبەت سندوقی پەیمان و نێوان کەڕووبەکان وەك تەختی خودا بوون.

[b] ١١ دەریای سپی ناوەڕاست.

[c] ١١ مەبەستی ڕووباری فوراتە.

## زەبووری ٨١

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، لەسەر ئاوازی گتیت[a]. بۆ ئاساف.**

١ هەلهەلە لێدەن بۆ خودا ئەوەی هێزمانە،
بە خۆشییەوە هاوار بکەن بۆ خودای یاقوب.
٢ ئاوازێك بەرز بکەنەوە و دەف بهێنن،
سازێکی ناسك لەگەڵ قیسارە.

٣ لە جەژنی سەرەمانگ کەڕەنا لێدەن و
لە مانگی تابان، بۆ ڕۆژی جەژنەکانمان.
٤ چونکە ئەمە فەرزە لەسەر ئیسرائیل،
حوکمی خودای یاقوبە.
٥ لە بنەماڵەی یوسفدا کردی بە یاسا،
کە لە خاکی میسر دەریهێنا،

گوێمان لە زمانێکە کە تێنەگەیشتین:

٦ «بارم لەسەر شانەکانی لادا،
دەستەکانی لە سەبەتە بەربوون.
٧ لە تەنگانەدا هاوارت کرد، دەربازم کردیت،
لەژێر سێبەری هەورەتریشقە وەڵامم دایتەوە،
لە مێرگی مەریبا[b] تاقیم کردیتەوە.[c]
٨ ئەی گەلی من، گوێ بگرە، ئاگادارت دەکەمەوە.
ئەی ئیسرائیل، خۆزگە گوێت لە من دەگرت!
٩ لەنێو ئێوەدا خوداوەندێکی بێگانە نابێت،
کڕنۆش بۆ خوداوەندێکی بیانی نابەیت.
١٠ من یەزدانی پەروەردگاری تۆم،
کە لە خاکی میسر دەرمهێنای.
دەمت بکەوە و پڕی دەکەم.

١١ «بەڵام گەلەکەم گوێی لە قسەم نەگرت،
ئیسرائیل منی نەویست.
١٢ منیش ئەوانم دایە دەست کەللەڕەقییەکەی خۆیان،
بە ڕاوێژی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.

١٣ «خۆزگە گەلەکەم بە قسەی منیان دەکرد،
ئەگەر ئیسرائیل ڕێگای منیان دەگرتەبەر،
١٤ هەر زوو دوژمنەکانم بۆ زەلیل دەکردن،
دەستم درێژ دەکردە سەر ناحەزانیان!
١٥ ئەوانەی ڕقیان لە یەزدانە، ملکەچی دەبن،
هەتاهەتایە کاتی سزایان دەبێت.
١٦ باشترین گەنمم دەرخوارد دەدایت،
لە تاشەبەردەوە تێر هەنگوینم دەکردیت.»

## زەبووری ٨٢

**زەبوورێکی ئاساف.**

١ خودا لە کۆڕی خوداوەندەکان ڕاوەستاوە،
لەنێو خوداوەندەکان[d] دادوەری دەکات.

٢ «هەتا کەی بە ناڕەوایی دادوەری دەکەن،
لایەنگری بەدکاران دەکەن؟ [e]
٣ بەرگری لە لاواز و هەتیوان بکەن،
دادی هەژار و کڵۆڵان بدەن.
٤ فریای لاواز و نەداران بکەون،
لە دەست بەدکاران دەربازیان بکەن.

٥ «نازانن و تێناگەن، لە تاریکیدا دەڕۆن،
هەموو بنچینەکانی زەوی دەشڵەژێن.

٦ «من گوتم: ”ئێوە ’خوداوەندەکان‘ن،
هەمووتان کوڕی خودای هەرەبەرزن.“
٧ بەڵام وەك ئادەمیزاد دەمرن،

[a] دەستەواژەیەکی بواری مۆسیقایە.

[b] ٧ کانییەکە نزیك ڕفیدیم لە بەردێکەوە هەڵقوڵا، کاتێك موسا بە فەرمانی خودا لە بەردەکەی دا.

[c] ٧ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[d] ١ ڕەنگە مەبەست لە بوونەوەرە ئاسمانییەکان (فریشتەکان) بێت، یان ئەوانەی پەیام و فەرمانەکانی خودایان بۆ دێت و جێبەجێی دەکەن. بڕوانە ٨٢:٦ و بەراوردی بکە لەگەڵ یۆحەنا ١٠:٣٤-٣٦.

[e] ٢ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

وەك یەكێك لە میرەکان دەکەون.»

[٨] خودایە، هەستە! دادوەری زەوی بکە،
چونکە هەموو نەتەوەکان میراتی تۆن.

## زەبووری ٨٣

**گۆرانییەك، زەبوورێکی ئاساف.**

[١] ئەی خودایە، بێدەنگ مەبە،
کپ مەبە، خودایە، هێدی مەبە.
[٢] ئەوەتا دوژمنانت هەرایانە،
ناحەزانت لە دژت ڕاپەڕیون.
[٣] ڕاوێژ دەکەن لە دژی گەلەکەت،
پیلان دەگێڕن لە دژی ئەوانەی تۆ پەنات داون.
[٤] دەڵێن: «با لەناو نەتەوەکان بیانسڕینەوە،
لەمەودوا ناوی ئیسرائیل باس نەکرێت.»

[٥] چونکە بە هاوبیری پێکەوە پیلان دەگێڕن،
لە دژی تۆ پەیمانیان بەستووە.
[٦] خێوەتەکانی ئەدۆم و ئیسماعیلییەکان[a]،
مۆئاب و هاجەرییەکان،
[٧] جوبەیل[b] و عەمۆن و عەمالێق[c]،
فەلەستیە لەگەڵ دانیشتووی سور.
[٨] هەروەها ئاشوریش[d] چووەتە پاڵیان،
بوونە بازووی بەهێزی نەوەی لوت.[e,f]

[٩] هەروەك چیت لە میدیان[g] کرد ئاوایان لێ بکە،
هەروەك چیت لە سیسرا[h] و یاڤین[i] کرد لە
ڕووباری قیشۆن[j]،
[١٠] کە لە کانی دۆر[k] فەوتان،
بوون بە زبڵ بۆ زەوی.
[١١] گەورەکانیان وەك عۆرێڤ و زئێڤ[l] لێ بکە،
هەموو میرەکانیان وەك زەڤەح و چەلموناع[m]،
[١٢] ئەوانەی گوتیان: «لەوەڕگاکانی خودا
دەکەینە موڵکی خۆمان.»

[١٣] ئەی خودای من، بیانکە بە تەپوتۆز،
وەك کای دەم بایان لێ بکە.
[١٤] وەك چۆن ئاگر دارستان دەسووتێنێت،
وەك گڕ چیا دەسووتێنێت،
[١٥] ئاوا بە ڕەشەبای خۆت ڕاویان بنێ،
بە گەردەلوولی خۆت هوڕیان بکە.
[١٦] ئەی یەزدان، ڕوویان بە ڕیسوایی داپۆشە،
تاکو بەدوای ناوتدا بگەڕێن.

[١٧] هەتاهەتایە شەرمەزار و پەرێشانم،
ڕیسوا دەبن و دەفەوتێن.

---

[a] ٦ نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمن لە هاجەری کەنیزەکەی. بە ژیانی کۆچەری و چادرنشینی بەناوبانگ بوونە، هەروەها لە بەکارهێنانی تیروکەوان.

[b] ٧ شاری جوبەیل شارێکی کۆنە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ لەمەوپێش، ئەمرۆ بە دووری ٣٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری بەیروت.

[c] ٧ مەبەست لە جبیل بەشی باکوورە لە چیاکانی ئەدۆم، عەمونیش ناوی گەلێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون نیشتەجێ بوون، عەمالێقیش بە کۆنترین دانیشتووانی باشووری سوریا دادەنرێن، نەوەی ئەلیفازی کوڕی عیسۆ کوڕی ئیسحاقن.

[d] ٨ مەبەست لە ئاشورییەکانە کە لە ناوچەی میسۆپۆتامیا ژیاون و ئیمپڕاتۆریەتێکی بەهێزیان هەبووە. نەوەی دووەم کوڕی شێمی کوڕی نوحن. بڕوانە پەیدابوون ٢٢:١٠.

[e] ٨ مەبەست لوتی برازای ئیبراهیمە.

[f] ٨ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[g] ٩ شارێکی کۆنە دەکەوتە چۆڵەوانی یەهوداوە.

[h] ٩ سیسرا سەرکردەی سوپاکەی یابینی پاشای کەنعانییەکان بوو لە خاچۆر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕابەران بەشەکانی ٤، ٥.

[i] ٩ پاشای کەنعانییەکان بوو لە خاچۆر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕابەران بەشی ٤.

[j] ٩ قیشۆن، ڕووبارێکە بە دەشتی ئیبن عامر دەڕوات لە فەلەستین.

[k] ١٠ شارێکە دەکەوێتە دووری نۆ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ناسیرە، هەتا ئێستاش ئەمە ناویەتی.

[l] ١١ عۆرێب و زئێب، ناوی دوو سەرکردەی میدیانییەکانن بە دەستی ئەفرایمییەکان کوژران، دوای ئەوەی لەبەر گدعۆن هەڵاتن. بڕوانە ڕابەران ٢٥:٧.

[m] ١١ زەڤەح و چەلموناع، دوو پاشای میدیانییەکان بوون گدعۆن کوشتنی. بڕوانە ڕابەران ٥:٨.

١٨ با بزانن کە تۆ، ئەوەی ناوت یەزدانە،
لەسەر هەموو زەوی تەنها تۆ هەرەبەرزیت!

## زەبووری ٨٤

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان، لەسەر ئاوازی گتیت[a]، زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح.**

١ ئەی یەزدانی سوپاسالار،
ماڵەکەت چەند خۆشە!
٢ گیانم شەیدایە، تەنانەت تامەزرۆی چوونە ناو
حەوشەی ماڵی یەزدانە.
لەش و دڵم هەلهەلە لێدەدەن بۆ خودای
زیندوو.
٣ پاساری ماڵی دەست دەکەوێت و
پەڕەسێلکەش هێلانە، تەنانەت لە قوربانگای
تۆدا،
بۆ ئەوەی بێچووەکانی تێدا دابنێت،
ئەی یەزدانی سوپاسالار، پاشا و خودام.
٤ خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە لە ماڵی تۆدا
نیشتەجێن،
هەمیشە ستایشی تۆ دەکەن.[b]

٥ خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە هێزیان لە تۆوەیە،
ڕێگاکانت لەناو دڵیاندایە[c]،
٦ کە بە دۆڵی فرمێسک[d] تێدەپەڕن،
دەیکەنە کانیاو،
پاییزە بارانیش پڕ بەرەکەتی دەکات.
٧ لە هێزێکەوە دەچنە هێزێکی دیکە،
تاکو هەریەك لەبەردەم خودا لە سییۆن
دەربکەوێت.

٨ ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار، گوێت لە نوێژم
بێت،
خودای یاقوب، گوێ شل بکە.
٩ ئەی خودایە، بڕوانە قەڵغانەکەمان،
سەیری ڕوخساری دەستنیشانکراوەکەت[e] بکە.

١٠ یەك ڕۆژ لە حەوشەی ماڵی تۆ
لە هەزار ڕۆژ لە شوێنێکی دیکە باشترە.
ڕاوەستان لە بەردەرگای ماڵی خودای خۆمم
هەڵبژارد،
نەك نیشتەجێی نێو ڕەشماڵی بەدکاران.
١١ چونکە یەزدانی پەروەردگار خۆر و قەڵغانە،
یەزدان میهرەبانی و شکۆ دەبەخشێت،
ڕێ لە چاکە ناگرێت بۆ ئەوانەی ڕێگایان
تەواوە.

١٢ ئەی یەزدانی سوپاسالار،
خۆزگە بەوە دەخوازرێ کە پشت بە تۆ
دەبەستێت.

## زەبووری ٨٥

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح.**

١ ئەی یەزدان، تۆ لە زەوی خۆت ڕازیت،
دیلەکانی یاقوبت گێڕاوەتەوە.
٢ لە تاوانەکانی گەلەکەت خۆشبوویت،
هەموو گوناهەکانیت داپۆشیوە.[f]
٣ هەموو تووڕەیی خۆتت گرتەوە،
لە جۆشانی تووڕەییت گەڕایتەوە.

٤ ئەی خودای ڕزگاریمان، بمانگەڕێنەوە،
تووڕەیی خۆتمان لەسەر لابدە.
٥ ئایا هەتاهەتایە لێمان تووڕە دەبیت؟
نەوە دوای نەوە درێژە بە تووڕەییت دەدەیت؟

---

[a] دەستەواژەیەکی بواری مۆسیقایە.
[b] ٤ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٨، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[c] ٥ ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو سییۆنە و لە دڵەوە پەرۆشین.
[d] ٦ عیبری: دۆڵی باخا.
[e] ٩ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.
[f] ٢ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٦ ئایا تۆ ناگەڕێیتەوە هەتا زیندوومان بکەیتەوە،
بۆ ئەوە گەلەکەت پێت شاد بێت؟
٧ ئەی یەزدان، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەتمان
پیشان بدە،
ڕزگاریی خۆتمان پێ ببەخشە.

٨ ئەوەی خودای پەروەردگار دەیڵێت، گوێی لێ
دەگرم،
چونکە باسی ئاشتی دەکات بۆ گەلەکەی و بۆ
خۆشەویستانی،
بەڵام با نەگەڕێنەوە سەر گێلایەتی.
٩ بێگومان ڕزگارییەکەی لەو کەسانە نزیکە کە لێی
دەترسن،
بۆ ئەوەی شکۆمەندییەکەی لە خاکی ئێمەدا
نیشتەجێ بێت.

١٠ خۆشەویستی نەگۆڕ و ڕاستی بە یەك گەیشتوون،
ڕاستودروستی و ئاشتی یەکتری ماچ دەکەن[a].
١١ ڕاستی لە زەوییەوە دەڕوێت و
ڕاستودروستی لە ئاسمانەوە سەر دەردێنێت.
١٢ هەروەها یەزدان چاکە دەبەخشێت و
زەوی ئێمەش دەغڵودان دەدات.
١٣ ڕاستودروستی لەپێشی دەڕوات،
ڕێگای بۆ خۆش دەکات.

## زەبووری ٨٦

نوێژێکی داود.

١ ئەی یەزدان، گوێ ڕادێرە و بەدەنگمەوە وەرە،
من هەژار و نەدارم.
٢ ژیانم بپارێزە، چونکە من خۆشەویستی تۆم،
تۆ خودای منیت، خزمەتکارەکەی خۆت ڕزگار
بکە،
ئەوەی پشتی پێت بەستووە.
٣ ئەی پەروەردگار، لەگەڵم میهرەبان بە،
بە درێژایی ڕۆژ هاوار بۆ تۆ دەکەم.
٤ گیانی خزمەتکاری خۆت شاد بکە،
ئەی پەروەردگار، چونکە گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز
دەکەمەوە.

٥ ئەی پەروەردگار، تۆ چاك و لێبوردەیت،
پڕیت لە خۆشەویستی نەگۆڕ بۆ ئەوانەی
هاوارت بۆ دەهێنن.
٦ ئەی یەزدان، گوێ لە نوێژم بگرە،
گوێ لە پاڕانەوەم بگرە.
٧ لە ڕۆژی تەنگانەدا هاوار بۆ تۆ دەهێنم،
چونکە بە هاوارمەوە دێیت.

٨ ئەی پەروەردگار، کوا هاوشێوەی تۆ لەنێو
خوداوەندەکان؟
کوا هاوشێوەی کردەوەکانت؟
٩ ئەی پەروەردگار، هەموو ئەو نەتەوانەی
دروستت کردوون،
دێن و لەبەردەم تۆدا کڕنۆش دەبەن و
ناوت شکۆدار دەکەن.
١٠ چونکە تۆ مەزنیت و کاری سەرسوڕهێنەری
گەورەت کردووە،
هەر تەنها تۆ خودایت.

١١ ئەی یەزدان، ڕێگای خۆتم فێر بکە،
بۆ ئەوەی بە ڕاستی تۆ بڕۆم،
دڵم یەکبخە بۆ ترسی ناوەکەت.
١٢ ئەی خودای پەروەردگارم، بە هەموو دڵەوە
ستایشت دەکەم،
هەتاهەتایە ناوت شکۆدار دەکەم،
١٣ چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت گەورەیە بۆ
من،
گیانی منت لە جیهانی مردووانی ژێرەوە دەرباز
کرد.

١٤ ئەی خودایە، لووتبەرزەکان لێم هەستاون،
تاقمە زۆردارەکان دەیانەوێت لەناوم ببەن،
تۆ لەبەرچاو ناگرن.

[a] ١٠ تایبەتمەندی دیاری خودا، پاشایەتی خودا لەسەر زەوی و دڵی مرۆڤ دادەمەزرێت.

١٥ بەڵام ئەی پەروەردگار، تۆ خودایەکی میهرەبان و
بەزەییداریت،
پشوودرێژیت و پڕیت لە خۆشەویستی نەگۆڕ
و دڵسۆزی.
١٦ ئاوڕم لێ بدەوە و لەگەڵم میهرەبان بە،
هێزی خۆت بە خزمەتکارەکەت ببەخشە و
کوڕی کارەکەرەکەت ڕزگار بکە.
١٧ نیشانەی چاکەی خۆتم لەگەڵ بکە،
بۆ ئەوەی ناحەزانم ببینن و شەرمەزار بن،
ئەی یەزدان، چونکە تۆ یارمەتیت داوم و
دڵنەواییت کردووم.

## زەبووری ٨٧

**زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح. گۆرانییەك.**

١ خودا لە کێوی پیرۆز بناغەکانی شارەکەی دانا،
٢ یەزدان دەروازەکانی سییۆنی
لە هەموو ماڵی یاقوب خۆشتر دەوێت.

٣ ئەی شاری خودا،
بە شکۆمەندی باست کراوە:[a]
٤ «ئەوانەی دەمناسن ناویان دەهێنمەوە یادم،
خەڵکی ڕاهەب[b] و بابل لەنێویاندان،
لەگەڵ فەلەستیە و سور و خەڵکی کوش،
سەبارەت بە ئەوان دەگوترێت: "ئەم کەسە لە
سییۆن لەدایك بووە."»
٥ دەربارەی سییۆن دەگوترێ: «ئەمە و ئەوەی تێدا
لەدایك بووە و
خودای هەرەبەرز خۆی دەیچەسپێنێت.»
٦ یەزدان لە پەڕتووکی گەلاندا تۆماری دەکات:
«ئەمە لە سییۆن لەدایك بووە.»
٧ سەماکەران گۆرانی دەڵێن:
«هەموو سەرچاوەکانم لە تۆوەیە.»

## زەبووری ٨٨

**گۆرانییەك. زەبوورێکی کوڕانی قۆرەح. بۆ گەورەی گۆرانیبێژان. بەگوێرەی «ماحەلەت لعەنۆت»[c]. هۆنراوەیەکی هێیمانی ئەزراحی.**

١ ئەی یەزدان، خودای ڕزگاریم،
شەو و ڕۆژ بەرامبەر بە تۆ هاوارم کرد.
٢ با نوێژەکانم بگاتە بەردەمت،
گوێ بۆ هاوارم شل بکە.

٣ چونکە گیانم پڕ خراپە بووە و
ژیانم لە جیهانی مردووان نزیك بووەتەوە.
٤ وەك ئەوانە دانراوم کە دەچنە نێو جیهانی
مردووان،
وەك پیاوێکم لێهاتووە هێزی لەبەربڕابێت.
٥ لەناو مردووان وازلێهێنراو،
وەك کوژراوەکانی ناو گۆڕ ڕاکشاو،
ئەوانەی ئیتر یادیان ناکەیتەوە،
ئەوانەی دەستت لێیان شوشتووە.

٦ لەناو قووڵترین گۆڕ داتناوم،
لەناو جەرگەی تاریکی، لە قووڵایی.
٧ تووڕەییت قورسە بەسەرمەوە،
شەپۆلەکانت ڕامدەماڵن.[d]
٨ ناسیاوەکانمت لێ دوورخستمەوە،
قێزم لێ دەکەنەوە.
گیراوم و دەربازبوونم بۆ نییە،
٩ بەهۆی ژێردەستەیی چاوم لە کزبوونە.

[a] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ٦، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

[b] ٤ مەبەست لە ڕاهەب وڵاتی میسرە، هەروەها لە ئەفسانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاهەب دڕندەیەکی دەریاییە و هێمای خراپەکاری و سەرلێشێوانە.

[c] ماحەلەت لعەنۆت: دەستەواژەیەکی مۆسیقییە، لەوانەیە بە واتای ئازاری ناخۆشی بێت.

[d] ٧ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتی ١٠، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

ئەی یەزدان، بە درێژایی ڕۆژ هاوار بۆ تۆ دەکەم،
دەستم لە تۆ پان دەکەمەوە.
١٠ ئایا کاری سەرسوڕهێنەر بۆ مردووان دەکەیت؟
یان ڕۆحەکان هەڵدەستنەوە ستایشت بکەن؟
١١ ئایا لەناو گۆڕ باسی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەکرێت،
یان لە لەناوچوون[a] باسی دڵسۆزییەکەت؟
١٢ ئایا لە تاریکایی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەناسرێت،
یان لە خاکی لەبیرچوون[b] ڕاستودروستیت؟

١٣ ئەی یەزدان، هاوار بۆ تۆ دەهێنم،
بەیانییان نوێژم بەرەو ڕووت دێت.
١٤ ئەی یەزدان، بۆچی گیانم ڕەت دەکەیتەوە،
ڕووی خۆتم لێ دەشاریتەوە؟

١٥ من لە منداڵییەوە کڵۆڵم و نزیکە مەرگم،
بەرگەی ترسەکانی تۆم گرت و سەرم لێ شێوا.
١٦ تووڕەیی تۆ بەسەر مندا تێپەڕی،
ترسی بەڵاکانی تۆ وێرانی کردم.
١٧ وەك لافاو بە درێژایی ڕۆژ دەوری داوم،
لە هەموو لایەکەوە دەوری گرتووم.
١٨ دۆست و خۆشەویستەکانت لێ دوورخستمەوە،
تاریکی بووە بە نزیکترین هاوڕێم.

## زەبووری ٨٩

**هۆنراوەیەکی ئێیتانی ئەزراحی[c].**

١ هەتاهەتایە گۆرانی بەسەر خۆشەویستی نەگۆڕی یەزداندا دەڵێم،
نەوە دوای نەوە بە دەمم دڵسۆزیت ڕادەگەیەنم.
٢ هەروەك گوتم، هەتاهەتایە خۆشەویستی نەگۆڕ بنیاد دەنرێت،
لەناو ئاسمان دڵسۆزیت دەچەسپێت.
٣ فەرمووت: «پەیمانم لەگەڵ هەڵبژاردەی خۆم بەستووە،
سوێندم بۆ داودی بەندەم خواردووە،
٤ ”هەتاهەتایە وەچەت دەچەسپێنم،
نەوە دوای نەوە تەختت بنیاد دەنێم.“»[d]

٥ ئەی یەزدان، ئاسمان ستایشی کارە سەرسوڕهێنەرەکانت دەکات،
هەروەها لەناو کۆڕی پیرۆزانیش[e] دڵسۆزیت.
٦ چونکە لەناو هەورەکان کێ هاوتای یەزدانە؟
لەنێو فریشتەکانی ئاسمان کامەیان لە یەزدان دەچێت؟
٧ خودا لەنێو ئەنجومەنی پیرۆزان زۆر سامناکە،
لە هەموو ئەوانەی دەوروبەری ترسناکترە.
٨ ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار، کێ وەك تۆ وایە؟
تۆ بەهێزیت، ئەی یەزدان، دڵسۆزیشت دەوری داویت.

٩ دەسەڵاتت بەسەر هەڵچوونی دەریادا هەیە،
کە شەپۆلەکانی بەرز دەبنەوە، هێمنیان دەکەیتەوە.
١٠ وەك بریندارێکی سەخت ڕاهەبت[f] پان کردەوە،
بە هێزی بازووت دوژمنەکانت پەرتەوازە کرد.
١١ ئاسمان هی تۆیە، هەروەها زەویش،
گەردوون و هەرچی تێیدایە تۆ داتمەزراندووە.
١٢ باکوور و باشوور تۆ بەدیت هێناون،

[a] ١١ لەناوچوون: عیبری: ئەبەدۆن. لە پەیمانی نوێ ئەم وشەیە بە واتای (لەناوبەر) هاتووە، بڕوانە ئاشکراکردن ٩:١١.
[b] ١٢ شوێنی مردووان، کە چیتر خودا گرنگییان پێ نادات.
[c] بڕوانە یەکەم پاشایان ٤:٣١
[d] ٤ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٣٧ و ٤٥ و ٤٨، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[e] ٥ هەندێك لە فریشتەکان لەبەردەم خودا ئامادە دەبن، خودا لە فەرمایشت و فەرمانەکانی دەکرێ ڕاوێژیان پێ بکات و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات.
[f] ١٠ مەبەست لە دڕندەی دەریایە کە ئاماژە بوو بۆ خراپە.

تابۆر[a] و حەرمۆن بۆ ناوی تۆ هەلهەلە
لێدەدەن.
١٣ بازووت هەیە لەگەڵ توانا،
دەستت بەهێزە، دەستە ڕاستەت بەرزە.
١٤ ڕاستودروستی و دادپەروەری بناغەی تەختی
تۆن،
خۆشەویستی نەگۆڕ و ڕاستی[b] لەبەردەمی تۆ
دەڕۆن.
١٥ خۆزگە بەو گەلە دەخوازرێ کە دەزانن پڕ بە
دەنگیان هاواری شادی دەکەن،
ئەی یەزدان، بە ڕووناکی ڕوخساری تۆ ڕێ
دەکەن.
١٦ بەهۆی ناوی تۆوە بە درێژایی ڕۆژ شادمان دەبن،
بە ڕاستودروستی تۆ بەرز دەبنەوە،
١٧ چونکە تۆ شکۆمەندی و هێزی ئەوانیت،
ئێمە بە ڕەزامەندی تۆ بەهێز دەبین.
١٨ چونکە قەڵغانمان هی یەزدانە،
پاشامان هی خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیلە.
١٩ جارێکیان لە بینینێکدا[c] قسەت کرد،
بە خۆشەویستانی خۆتت فەرموو:
«هێزم بە پاڵەوان بەخشی،
لەنێو گەل هەڵبژاردەم بەرزکردەوە.
٢٠ داودی بەندەی خۆمم دۆزییەوە،
بە ڕۆنی پیرۆزم دەستنیشانم کرد[d].
٢١ ئەوەی دەستم پێوەی دەچەسپێت،
هەروەها بازووم بەهێزی دەکات.
٢٢ دوژمن بەسەریدا زاڵ نابێت،
نابێتە ژێر دەستەی کوڕی زۆردار.
٢٣ لەبەردەمی خۆی دوژمنانی تێکدەشکێنم،
ناحەزانی تووشی بەڵا دەکەم.

[a] ١٢ کێوێکە لە ناوچەی جەلیل ئێستا پێی دەگوترێت ئەلگور.
[b] ١٤ بڕوانە یۆحەنا ١:١٧.
[c] ١٩ بینین. خودا لە ڕێی پیشاندانی دیمەنێکەوە پەیامێك دەگەیەنێتە ئەو مرۆڤەی بییەوێت.
[d] ٢٠ دەستنیشانکردنی کەسێك بۆ ئەرکێکی ئایینی یان پاشایەتی ئەو کاتە بە چەورکردنی بووە بە ڕۆن.

٢٤ دڵسۆزی و خۆشەویستی نەگۆڕی منی لەگەڵدایە،
بە ناوی منەوە بەهێز دەبێت.
٢٥ وا دەکەم دەستی بەسەر دەریاوە بێت،
دەستە ڕاستی بەسەر ڕووبارەکان.
٢٦ هاوارم بۆ دەکات: ”تۆ باوکمی،
خودای منی، تاشەبەردی ڕزگاریی منیت.“
٢٧ منیش دەیکەمە نۆبەرەی خۆم،
بەرزترین لە پاشایانی زەوی.
٢٨ هەتاهەتایە خۆشەویستی نەگۆڕی خۆمی بۆ
دەپارێزم،
پەیمانی من بۆ ئەو دەچەسپێت.
٢٩ وا دەکەم هەتاهەتایە نەوەی هەبێت،
تەختیشی بەقەد ڕۆژگاری ئاسمان بێت.
٣٠ «ئەگەر کوڕانی واز لە فێرکردنم بهێنن،
ڕێگای یاساکانی من نەگرنەبەر،
٣١ ئەگەر سەرپێچی فەرزەکانم بکەن،
ڕاسپاردەکانم بەجێنەگەیەنن،
٣٢ لەسەر یاخیبوونەکانیان بە دار سزایان دەدەم،
بە لێدان گوناهەکانیان،
٣٣ بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی خۆمی لێ ناکەمەوە،
درۆ ناکەم دەربارەی دڵسۆزییەکەم.
٣٤ پەیمانی خۆم ناشکێنم و
قسەی خۆم ناگۆڕم.
٣٥ جارێك سوێندم بە پیرۆزی خۆم خوارد،
درۆ لەگەڵ داود ناکەم.
٣٦ هەتاهەتایە نەوەی داود دەمێنێت و
تەختی وەك خۆر لەبەردەممە،
٣٧ هەمیشە وەك مانگ دەچەسپێت،
ئەو شایەتەی لە ئاسمانیشە دڵسۆزە.»
٣٨ بەڵام تۆ ڕەتت کردەوە و وازت لێی هێنا،
لە دەستنیشانکراوەکەت[e] تووڕەبوویت.
٣٩ پەیمانەکەت لەگەڵ خزمەتکارەکەت شکاند و
تاجەکەی ئەوت لە خۆڵ وەردا و گڵاوت کرد.
٤٠ هەموو شووراکانیت ڕووخاند،

[e] ٣٨ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.

قەڵاکانیت کردە کاولگە.
٤١ هەموو ئەوانەی تێدەپەڕن تاڵانیان کردی،
بوو بە ڕیسوایی لەنێو دراوسێکان[a].
٤٢ دەستی ڕاستی دوژمنەکانیت بەرزکردەوە،
هەموو ناحەزەکانیت دڵشاد کرد.
٤٣ دەمی شمشێرەکەیت هەڵگێڕایەوە و
لە جەنگدا سەرتنەخست.
٤٤ شکۆمەندییەکەیت پووچەڵ کردەوە،
تەختی ئەوت فڕێدایە سەر زەوی.
٤٥ ڕۆژگاری گەنجیت کورت کردەوە و
بەرگی شەرمەزاریت کردە بەری.

٤٦ ئەی یەزدان، هەتا کەی؟ ئایا بە تەواوی خۆت
دەشاریتەوە؟
هەتا کەی تووڕەییت وەک ئاگر دادەگیرسێت؟
٤٧ لەبیرت بێت تەمەنم چەند کورتە.
بۆ چ مەبەستێک ئادەمیزادت بەدیهێناوە؟
٤٨ ئایا پیاو هەیە بژیێت و مردن نەبینێت؟
یان گیانی خۆی لە دەست جیهانی مردووان
دەرباز بکات؟
٤٩ ئەی پەروەردگار، کوا خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی
جارانت،
کە بە دڵسۆزی خۆت سوێندت بۆ داود خوارد؟
٥٠ پەروەردگار، شورەیی خزمەتکاری خۆت لەبیر
بێت،
چۆن هی هەموو گەلانم لە باوەشی خۆم
گرتووە،
٥١ ئەو سووکایەتییەی دوژمنەکانت، ئەی یەزدان،
ئەوەی بە ڕاستی بە نەوەکانی
دەستنیشانکراوەکەت[b] کرا.

٥٢ هەر ستایش بۆ یەزدان، هەتاهەتایە.
ئامین و ئامین.

# کۆکراوەی بەشی چوارەم

## زەبوورەکانی ٩٠–١٠٦

## زەبووری ٩٠

**نوێژێکی موسای پیاوی خودا.**

١ ئەی پەروەردگار، نەوە دوای نەوە
تۆ پەناگامان بوویت.
٢ بەر لەوەی چیاکان پەیدا ببن،
یان زەوی و جیهان دروستببن،
لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە، تۆ خودایت.

٣ تۆ مرۆڤ دەکەیتەوە بە تۆز،
دەفەرموویت: «ئادەمیزادینە، بگەڕێنەوە بۆ
تۆز.»
٤ چونکە لەلای تۆ، هەزار ساڵ
وەک دوێنێ وایە کە تێپەڕیوە،
وەک بەشێکی شەو وایە.
٥ مرۆڤ وەک خەون ڕادەماڵیت،
وەک ئەو گیایەی سەر لە بەیانی نوێ دەبێتەوە،
٦ سەر لە بەیانی دەبووژێتەوە و نوێ دەبێتەوە،
بۆ ئێوارە سیس دەبێت و دەفەوتێت.

٧ چونکە بە هەڵچوونی تۆ لەناوچووین،
بە تووڕەیی تۆ تۆقین.
٨ گوناهەکانی ئێمەت لەبەردەمی خۆت داناوە،
شتە شاراوەکانمان لەبەر ڕووناکی ڕوخسارت.
٩ چونکە هەموو ڕۆژگارمان بە تووڕەیی تۆ
بەسەرچوو،
ساڵانی تەمەنمان وەک هەناسەیەک بەسەربرد.
١٠ ساڵانی تەمەنمان حەفتا ساڵە،
یان هەشتا ساڵ ئەگەر بە هێزەوە بێت،
ئەوەی مایەی شانازیش بێت ڕەنج و ناخۆشییە،
چونکە بە پەلە دەڕەوێتەوە و ئێمە باڵدەگرین.
١١ کێ هێزی تووڕەیی تۆ دەزانێت؟
چونکە تووڕەیی تۆ ترسێکی زۆر دەهێنێ.

[a] ٤١ مەبەستی گەلەکانی دراوسێی ئیسرائیلە.
[b] ٥١ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیح یان مەشیح.

١٢ ئیتر فێرمان بکە ڕۆژانمان بژمێرین،
بۆ ئەوەی دڵێکی پڕ داناییمان هەبێت.
١٣ ئەی یەزدان، تووڕەییەکەی دابمرکێنەوە! هەتا کەی؟
لەگەڵ خزمەتکارەکانت میهرەبان بە.
١٤ سەر لە بەیانی لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت تێرمان بکە،
هەتا هەموو ڕۆژانی ژیانمان هەلهەلە لێبدەین و دڵشاد ببین.
١٥ دڵشادمان بکە ئەوەندەی بۆ ئەو ڕۆژانەی تووشی ناخۆشیت کردین،
ئەو ساڵانەی کە خراپەمان بینی.
١٦ کردەوە مەزنەکانت بۆ خزمەتکارەکانت دەربخە،
شکۆمەندیت بەسەر منداڵەکانیان.
١٧ با نیعمەتی خودای پەروەردگارمان بەسەرمانەوە بێت،
کردەوەکانی دەستمان بۆ بچەسپێنە،
بەڵێ، کردەوەکانی دەستمان بچەسپێنە.

## زەبووری ٩١

١ ئەوەی لە پەناگای هەرەبەرز دادەنیشت،
ئەوەی لە سێبەری خودای هەرە بە توانا دەمێنێتەوە،
٢ بە یەزدان دەڵێ: «تۆ پەناگامی، قەڵامی،
خودای منی، پشتت پێ دەبەستم.»
٣ چونکە لە تۆڕی ڕاوچی دەربازت دەکات،
لە دەرد و بەڵای کوشندە.
٤ بە باڵی خۆی داتدەپۆشێت،
لەژێر باڵەکانی پەنا دەگریت و
دڵسۆزییەکەی قەڵغان و شوورایە.
٥ نە لە تۆقینی شەو دەترسیت و
نە لەو تیرەی بە ڕۆژ دەهاوێژرێت،
٦ نە لەو دەردەی کە لە تاریکی دێت،
نە لەو ئافاتەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ زیان دەبەخشێت.
٧ هەزار کەس لەتەنیشتت بەردەبنەوە،
دە هەزار لەلای دەستە ڕاستت،
بەڵام لە تۆ نزیك ناکەوێتەوە.
٨ بەڵکو تەنها بە چاوی خۆت سەیر دەکەیت و
سزای بەدکاران دەبینیت.
٩ چونکە یەزدانت کرد بە پەناگات،
هەرەبەرزت کرد بە لانەی خۆت،
١٠ هیچ خراپەت بەسەرنایەت و
هیچ بەڵایەك لە ماڵت نزیك ناکەوێتەوە.
١١ لەبەر ئەوەی سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات،
بۆ ئەوەی لە هەموو هەنگاوێکت بتپارێزن،
١٢ لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن،
تاکو پێت بەر بەردێك نەکەوێت.
١٣ پێ بە شێر و ماری کۆبرادا دەنێیت،
بەچکە شێر و ئەژدیها پێشێل دەکەیت.
١٤ یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوەی دڵی بە منەوە بەندە، ڕزگاری دەکەم،
دەیپارێزم، چونکە من دەناسێت[a].
١٥ نزام بۆ دەکات، وەڵامی دەدەمەوە،
لە تەنگانە لەگەڵیدام،
دەربازی دەکەم و ڕێزداری دەکەم.
١٦ بە ڕۆژگاری درێژ تێری دەکەم،
ڕزگاریی خۆمی نیشان دەدەم.»

## زەبووری ٩٢

**زەبوورێك، گۆرانییەك بۆ ڕۆژی شەممە.**

١ چاکە ستایشی یەزدان بکرێت،
گۆرانی گوتن بۆ ناوت، ئەی هەرەبەرز،
٢ بەیانیان خۆشەویستی نەگۆڕت ڕابگەیەنرێت و دڵسۆزیت بە شەوان،

[a] ١٤ بە واتای ناسینی خودا و کەسایەتییەکەی.

٣ بە قیسارەی دە ژێیی،
بە ئاوازی ساز.

٤ چونکە ئەی یەزدان، بە کردارەکانت دڵخۆشت
کردووم،
هەلهەلە لێدەدەم بۆ کارەکانی دەستت.
٥ ئەی یەزدان، کردارەکانت چەندە مەزنە!
بیرکردنەوەی تۆ چەندە قووڵە!
٦ مرۆڤی گێل ئەمە نازانێت،
نەزانیش ئەمە تێناگات:
٧ هەرچەندە خراپەکاران وەك گیا بگەشێنەوە و
هەموو بەدکاران چرۆ بکەن،
بۆ هەتاهەتایە لەناودەچن.

٨ بەڵام ئەی یەزدان، تۆ هەمیشە بەرزیت.

٩ ئەی یەزدان، چونکە بێگومان دوژمنەکانت،
بێگومان دوژمنەکانت دەفەوتێن و
هەموو بەدکاران پەرتەوازە دەبن.
١٠ بەڵام وەك گای کێوی بەهێز بووم،
بە ڕۆنی گرانبەها چەور کرام.
١١ بە چاوی خۆم بەزینی دوژمنانم دەبینم،
گوێم لە بەزینی ئەوانە دەبێت کە بە خراپە
دژم هەستاون.

١٢ ڕاستودروستان وەك دار خورما گەشە دەکەن،
وەك ئورزی لوبنان گەشە دەکەن،
١٣ لە ماڵی یەزدان ڕواون،
لە حەوشەی ماڵەکەی خودامان گەشە دەکەن.
١٤ بە پیریش هەر بەریان دەبێت،
هەمیشە تەڕ و سەوزن،
١٥ بۆ ئەوەی ڕابگەیەنن کە یەزدان ڕاستودروستە،
تاشەبەردمە و خراپە لە ئەودا نییە.

## زەبووری ٩٣

١ یەزدان پاشایەتی دەکات، مەزنی لەبەر دەکات،
یەزدان هێزی لەبەر دەکات و لە خۆی
بەستووە،
هەروەها جیهان چەسپاوە و ناهەژێت.
٢ لە دێر زەمانەوە تەختت چەسپاوە،
تۆ لە ئەزەلەوە و هەتاهەتایە هەیت.

٣ ئەی یەزدان، دەریاکان بەرزیان کردەوە،
دەریاکان دەنگیان بەرزکردەوە،
دەریاکان شەپۆلەکانیان بەرز دەکەنەوە.
٤ لە خوڕەی ئاوی زۆر،
لە توانای شەپۆلەکانی دەریا،
یەزدانی ئاسمان تواناداترە.

٥ یاساکانت زۆر چەسپاون،
ئەی یەزدان، پیرۆزی لە ماڵی تۆ دەوەشێتەوە،
بە درێژایی ڕۆژگار.

## زەبووری ٩٤

١ ئەی یەزدان، خودای تۆڵە،
ئەی خودای تۆڵە، بدرەوشێوە.
٢ ئەی دادوەری زەوی، ڕاپەرە،
سزای لووتبەرزەکان بدەوە.
٣ ئەی یەزدان، هەتا کەی بەدکاران،
هەتا کەی بەدکاران دڵشاد دەبن؟

٤ بەدکاران لووتبەرزی لە قسەکانیانەوە
هەڵدەقوڵێت،
شانازی بە خۆیانەوە دەکەن.
٥ ئەی یەزدان، گەلەکەت وردوخاش دەکەن،
میراتی تۆ دەچەوسێننەوە دەکەن.
٦ بێوەژن و نامۆ دەکوژن،
هەتیو سەردەبڕن.
٧ دەڵێن: «یەزدان نابینێت،
خودای یاقوب ئاگای لێ نییە.»

٨ ئەی دەبەنگەکان لەنێو گەل، وریابن!
ئەی گێلەکان، کەی تێدەگەن؟
٩ ئایا ئەوەی گوێی چاندووە، نابیستێت؟
ئایا ئەوەی چاوی دروستکردووە، نابینێت؟

١٠ ئایا ئەوەی نەتەوەکان تەمبێ دەکات،
سەرزەنشت ناکات؟
ئایا ئەوەی فێری مرۆڤ دەکات، زانیاری نییە؟
١١ یەزدان بیرکردنەوەی مرۆڤ دەزانێت،
کە پووچە.

١٢ ئەی یەزدان، خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی تۆ
تەمبێی دەکەیت،
لە تەوراتی خۆت فێری دەکەیت.
١٣ لە ڕۆژی بەد ئارامی بکەیتەوە،
تاوەکو گۆڕ بۆ بەدکار هەڵبکەنرێت.
١٤ چونکە یەزدان واز لە گەلی خۆی ناهێنێ،
میراتی خۆی ڕەت ناکاتەوە.
١٥ چونکە دادوەری بۆ ڕاستودروستی دەگێڕێتەوە،
هەموو دڵڕاستەکان شوێنی دەکەون.

١٦ کێ بۆم لە دژی بەدکاران هەڵدەستێتەوە؟
کێ بۆم لە دژی خراپەکاران بوەستێتەوە؟
١٧ یەزدان هاریکارم بوو، ئەگینا هێندەی نەمابوو
گیانم لەنێو بێدەنگی مردووان نیشتەجێ بێت.
١٨ کاتێك گوتم: «پێم دەخلیسکێت،»
ئەی یەزدان، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت پشتی
گرتم.
١٩ کە خەم لە ناخم زۆر بێت،
دڵنەوایی تۆ گیانی منی شاد کرد.

٢٠ ئایا تەختی گەندەڵی هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ
دەبەستێت،
ئەوانەی بەگوێرەی زۆرداری خۆیان، شێوەی
یاسا دادەڕێژن؟
٢١ لە دژی گیانی ڕاستودروست کۆدەبنەوە،
خوێنێکی بێگەرد تاوانبار دەکەن.
٢٢ بەڵام یەزدان بۆم دەبێتە قەڵا،
خودا بۆم بووە بە تاشەبەردی پەناگام.
٢٣ ئەو خراپەیەی دەیکەن بەسەر خۆیانیدا
دەداتەوە و
لە سزای بەدکاری خۆیان کڕیان دەکات.
یەزدانی پەروەردگارمان کڕیان دەکات.

## زەبووری ٩٥

١ وەرن، هەلهەلە بۆ یەزدان لێبدەین،
هاواری شادی بکەین بۆ تاشەبەردی ڕزگاریمان.
٢ بە ستایشەوە بچینە بەردەمی،
بە مۆسیقاوە هاواری شادی بۆ بکەین.

٣ چونکە یەزدان خودایەکی گەورەیە،
پاشایەکی گەورەیە بەسەر هەموو
خوداوەندەکانەوە.
٤ قووڵاییەکانی زەوی بە دەستە و
لووتکەی شاخەکان هی ئەون.
٥ دەریا هی ئەوە و ئەو دروستی کردووە،
بە دەستی خۆی شێوەی وشکانیی پێکهێنا.

٦ وەرن، کڕنۆشی بۆ ببەین و بیپەرستین،
لەبەردەم یەزدانی دروستکەرمان چۆك
دابدەین،
٧ چونکە ئەو خودامانە و
ئێمە گەلی لەوەڕگاکەی ئەوین،
مەڕی دەستی ئەوین.

ئەمڕۆ، کاتێك گوێتان لە فەرمایشتی ئەو دەبێت،
٨ دڵی خۆتان ڕەق مەکەن وەك لە مەریبا ڕوویدا،
وەك ئەو ڕۆژە لە مەسا[a] لە بیابان،
٩ لەوێ باوباپیرانتان تاقییان کردمەوە،
هەرچەندە کردارەکانی منیان بینی،
بەڵام هەر تاقییان کردمەوە.
١٠ چل ساڵ لەو نەوەیە تووڕە بووم،
فەرمووم: «ئەمانە گەلێکن دڵیان گومڕا بووە و
ڕێگای منیان نەناسی.»
١١ بۆیە لە تووڕەییمدا سوێندم خوارد:
«نایەنە ناو حەسانەوەی من.»

[a] ٨ ناوێکی عیبرییە بە واتای تاقیکردنەوە، شوێنێکە لە چۆڵەوانی سینا، هەروەها پێی دەگوترێت مەریبا. بڕوانە ڕوونکردنەوە دەربارەی مێرگی مەریبا لە زەبوورەکان ٧:٨١. هەروەها بڕوانە دەرچوون ١:١٧-٧.

## زەبووری ٩٦

١ گۆرانی بڵێن بۆ یەزدان، گۆرانییەکی نوێ،
گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن، ئەی هەموو زەوی.
٢ گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن، ستایشی ناوی بکەن،
ڕۆژ بە ڕۆژ مژدەی ڕزگاریی ئەو ڕابگەیەنن.
٣ لەنێو نەتەوەکان شکۆمەندی ئەو ڕابگەیەنن،
لەنێو هەموو گەلان کارە سەرسوڕهێنەرەکانی.

٤ چونکە یەزدان مەزنە و شایانی ستایشی زۆرە،
سامناکە بەسەر هەموو خوداوەندەکانەوە.
٥ چونکە هەموو خوداوەندەکانی گەلان بتن،
بەڵام یەزدان ئاسمانی دروستکردووە.
٦ شکۆ و سەربەرزی لەبەردەمیدان،
هێز و جوانی لە پیرۆزگاکەیدان.

٧ ئەی هەموو خێڵەکانی گەلان، ستایشی یەزدان بکەن،
ستایشی شکۆ و هێزی یەزدان بکەن.
٨ ستایشی ناوی شکۆداری یەزدان بکەن،
دیاری بهێنن و وەرنە ناو حەوشەی ماڵەکەی.
٩ کڕنۆش بۆ یەزدان ببەن چونکە شکۆدار و پیرۆزە،
ئەی هەموو خەڵکی زەوی، لەبەردەمی بلەرزن.
١٠ لەنێو نەتەوەکان بڵێن: «یەزدان پاشایەتی دەکات!
جیهان چەسپاوە و هەرگیز نالەقێت،
بە دادپەروەری حوکم بەسەر گەلاندا دەدات.»

١١ با ئاسمان شادبێت و زەوی دڵخۆش بێت،
با دەریا و هەرچی تێدایە بخرۆشێن،
١٢ با کێڵگە و هەرچی تێدایە شاگەشکە بن.
ئینجا هەموو درەختەکانی دارستان گۆرانی دەڵێن،
١٣ لەبەردەم یەزدان، چونکە دێت،
چونکە دێت بۆ ئەوەی دادوەری زەوی بکات،
دادوەری جیهان دەکات، بە ڕاستودروستی،
گەلانیش بە دڵسۆزی.

## زەبووری ٩٧

١ یەزدان پاشایەتی دەکات، با زەوی دڵخۆش بێت،
دوورگە زۆرەکان شادمان بن.
٢ هەور و تەم لە دەوروپشتی ئەوە،
ڕاستودروستی و دادپەروەری بنچینەی تەختی ئەوە.
٣ ئاگر لەپێشیەوە،
دوژمنەکانی دەوروبەری دەسووتێنێت.
٤ بروسکەکانی جیهان ڕووناك دەکەنەوە،
زەوی چاوی پێکەوت و لەرزی.
٥ چیاکان وەك مۆم لەبەردەم یەزدان توانەوە،
لەبەردەم یەزدانی هەموو زەوی.
٦ ئاسمان ڕاستودروستییەکەی ڕادەگەیەنێت،
هەموو گەلان شکۆمەندی ئەویان بینی.

٧ ئەوانەی پەیکەر دەپەرستن شەرمەزار دەبن،
ئەوانەی شانازی بە بت دەکەن.
ئەی هەموو خوداوەندەکان، کڕنۆشی بۆ ببەن.

٨ سییۆن بیستی و شادمان بوو،
کچانی یەهودا دڵخۆش بوون،
بە حوکمەکانت، ئەی یەزدان.
٩ چونکە ئەی یەزدان، لەسەر هەموو زەوی تۆ هەرەبەرزی.
لەسەر هەموو خوداوەندەکان زۆر بەرزبوویتەوە.
١٠ دۆستانی یەزدان ڕقیان لە بەدکاری دەبێتەوە،
گیانی خۆشەویستانی دەپارێزێت،
لە دەست خراپەکاران دەربازیان دەکات.
١١ ڕووناکی بۆ ڕاستودروستان چێنراوە،
شادی بۆ دڵڕاستەکان.
١٢ ئەی ڕاستودروستان، بە یەزدان شاد بن،
ستایشی ناوە پیرۆزەکەی بکەن.

## زەبووری ٩٨

زەبوورێك

١ گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن، گۆرانییەکی نوێ،
چونکە کاری سەرسوڕهێنەری کردووە.
دەستە ڕاست و بازووی پیرۆزی،
سەرکەوتنیان بۆ بەدەستهێناوە.
٢ یەزدان ڕزگاریی خۆی ڕاگەیاند،
ڕاستودروستییەکەی بۆ گەلان دەرخست.
٣ خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی و دڵسۆزییەکەی،
بەیادهێنایەوە بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل.
هەموو زەوی هەتا ئەوپەڕی دنیا،
ڕزگاریی خودای ئێمەیان بینی.

٤ ئەی سەراپای زەوی هاواری شادی بکەن بۆ یەزدان،
بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێن و هەلهەلە لێ بدەن.
٥ بە قیسارە مۆسیقای بۆ یەزدان بژەنن،
بە قیسارە و دەنگی گۆرانی.
٦ بە زوڕنا و دەنگی کەڕەنا،
هاواری شادی بکەن بەرامبەر بە یەزدانی پاشا.

٧ با دەریا و هەرچی تێیدایە،
با جیهان و دانیشتووانی بخرۆشێن.
٨ با ڕووبارەکان چەپڵە لێبدەن و
هەموو چیاکان هەلهەلە لێبدەن، ٩ لەبەردەم یەزدان،
چونکە دێت بۆ ئەوەی دادوەری زەوی بکات،
بە ڕاستودروستی دادوەری جیهان دەکات،
گەلانیش بە دادپەروەری.

## زەبووری ٩٩

١ یەزدان پاشایەتی دەکات،
با گەلان بلەرزن،
لەنێوان کەڕووبەکان لەسەر تەخت دانیشتووە،
با زەوی بهەژێت.
٢ یەزدان مەزنە لە سییۆن،
بەرزە و بەسەر هەموو گەلانەوەیە.
٣ با ستایشی ناوە مەزن و سامناکەکەت بکەن،
ئەو پیرۆزە.

٤ پاشا بەهێزە، حەز لە دادپەروەری دەکات.
تۆ ڕاست و ڕێکیت چەسپاند،
تۆ دادپەروەری و ڕاستودروستیت لەناو یاقوب دروستکردووە.
٥ یەزدانی پەروەردگارمان بەرز بکەنەوە،
لە تەختەپێی کڕنۆش ببەن،
ئەو پیرۆزە.

٦ موسا و هارون لەناو کاهینەکانی ئەون،
ساموئێل لەناو ئەو کەسانەیە بە ناوی ئەو دەپاڕێنەوە.
لە یەزدان پاڕانەوە،
ئەویش وەڵامی دانەوە،
٧ بە ستوونی هەور قسەی لەگەڵ کردن،
یاساکەیان پەیڕەو کرد، هەروەها ئەو فەرزەی پێیدان.

٨ ئەی یەزدانی پەروەردگارمان، تۆ وەڵامت دانەوە،
خودایەکی لێبوردە بوویت و
تۆڵەسێنەر بوویت لەسەر کردەوەکانیان.
٩ یەزدانی پەروەردگارمان بەرز بکەنەوە،
کڕنۆش بۆ چیای پیرۆزی ببەن،
چونکە یەزدانی پەروەردگارمان پیرۆزە.

## زەبووری ١٠٠

زەبوورێکی ستایش.

١ ئەی هەموو زەوی، هاواری خۆشی بۆ یەزدان بکەن،
٢ بە شادمانییەوە یەزدان بپەرستن،
بە هەلهەلەوە وەرنە بەردەمی.

٣ بزانن کە یەزدان خودایە،
ئەوە کە ئێمەی دروستکردووە و ئێمەش هی ئەوین.
ئێمە گەل و مەڕی لەوەڕگای ئەوین.

٤ بە سوپاسەوە بڕۆنە ناو دەروازەکانی[a]،
بە ستایشەوە بڕۆنە ناو حەوشەی پەرستگاکەی،
سوپاسی بکەن و ستایشی ناوی بکەن.
٥ چونکە یەزدان چاکە و
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە،
دڵسۆزیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە.

## زەبووری ١٠١

زەبوورێکی داود.

١ گۆرانی بەسەر خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت و دادپەروەریتدا دەڵێم،
ئەی یەزدان، سروودی ستایش بۆ تۆ دەڵێم.
٢ لە ڕێگای تەواوەتی وریا دەبمەوە.
کەی دێیت بۆ لام؟

بە دڵێکی تەواوەوە هەڵسوکەوت دەکەم،
لەناوماڵی خۆم.
٣ شتی قێزەون لەپێش چاوم دانانێم.

ڕقم لە کاری یاخیبووانە،
قەت بە منەوە نانووسێت.
٤ دڵی خواروخێچ لە من دوور دەبێت،
پەیوەندیم بە بەدکارییەوە نابێت.

٥ ئەوەی بەدزییەوە بوختان بە کەسێك بکات،
دەمکوتی دەکەم،
لەگەڵ لووتبەرز و دڵ پڕ لە فیز
بەرگە ناگرم.

٦ چاوم لە سەرڕاستانی زەوییە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم دایاننیشێنم،
ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان گرتووە و خزمەتم دەکەن.

٧ ئەوەی بە فێڵ ئیش بکات، لە ماڵی من دانانیشێت،
ئەوەی درۆ بکات، لەبەرچاوی من ناوەستێت.

٨ بەیانییان زوو هەموو بەدکارەکانی زەوی دەمکوت دەکەم،
لە شاری یەزدان ڕیشەکێشیان دەکەم،
هەموو ئەوانەی گوناهبارن.

## زەبووری ١٠٢

نوێژی هەژارێکی ورەڕووخاو، کە هاواری دەباتە بەردەم یەزدان.

١ ئەی یەزدان، گوێ لە نوێژم بگرە،
با هاوارم بگاتە لات.
٢ لە ڕۆژی تەنگانەدا ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە،
لەو ڕۆژەی کە هاوارت بۆ دەکەم گوێم بۆ شل بکە،
زوو وەڵامم بدەوە.

٣ ڕۆژگارم وەك دووکەڵ ڕەوییەوە،
ئێسکم وەك پشکۆ گڕی گرتووە.
٤ هەڵپڕووکاوە، دڵم وشك بووەتەوە،
نانخواردنم لەبیر نەماوە.
٥ لە دەنگی ناڵەم
ئێسکم بە پێستمەوە نووساوە.
٦ وەك کوندەپەپووی بیابانی چۆڵەوانیم لێهاتووە،
وەك کوندەپەپووی کەلاوەم لێهاتووە.
٧ ڕادەکشێم و
وەك چۆلەکەیەکی تەنهای سەربانم لێهاتووە.
٨ بە درێژایی ڕۆژ دوژمنەکانم سووکایەتیم پێ دەکەن،
ئەوانەی لە دژی منن وەك شێتیان لێ هاتووە،
نەفرەتم لێدەکەن.
٩ بۆیە خۆڵەمێش دەخۆم وەك نان،

[a] ٤ مەبەست لێی چوونە ناو پەرستگای خودایە دەم بە سوپاس و ستایشەوە.

فرمێسکم تێکەڵ بە خواردنەوەم بووە.
١٠ لەبەر تووڕەیی و نەفرەتی تۆ،
چونکە هەڵتگرتم و فڕێتدام.
١١ ڕۆژگارم وەك سێبەری خوارە،
خۆشم وەك گیا وشك دەبمەوە.

١٢ تۆش ئەی یەزدان، هەتاهەتایە لەسەر تەختی،
نەوە دوای نەوە یادت دەکەنەوە.
١٣ تۆ هەڵدەستیت و بەزەییت بە سییۆن دێتەوە،
چونکە ماوەی میهرەبانییە، چونکە کاتی
هاتووە.
١٤ چونکە خزمەتکارەکانت بە تاسەوەن بۆ
بەردەکانی،
دڵیان دەسووتێ بۆ خۆڵەکەی.
١٥ هەموو نەتەوەکان لە ناوی یەزدان دەترسن،
هەموو پاشاکانی زەویش لە شکۆمەندیت.
١٦ چونکە کە یەزدان سییۆن بنیاد دەنێتەوە،
بە شکۆمەندی خۆی دەبینرێت.
١٧ ئاوڕ لە نوێژی ڕووتوڕەجاڵەکان دەداتەوە،
نوێژەکانیان بە کەم نازانێت.

١٨ ئەمە بۆ نەوەی داهاتوو دەنووسرێت،
تاکو ئەو نەوەیە ستایشی یەزدان بکەن، کە
هێشتا لەدایك نەبوونە:
١٩ «یەزدان لە بەرزایی پیرۆزگای خۆیەوە دەڕوانێتە
خوارێ،
لە ئاسمانەوە سەیری زەوی دەکات،
٢٠ بۆ ئەوەی گوێی لە ناڵەی دیلەکان بێت،
ئەوانە ئازاد بکات کە دراونەتە دەست مردن.»
٢١ جا لە سییۆن ناوی یەزدان ڕادەگەیەنرێت،
لە ئۆرشەلیم ستایشی،
٢٢ کاتێك گەلان و پاشایەتییەکان
پێکەوە بۆ پەرستنی یەزدان کۆدەبنەوە.

٢٣ لە ناوەڕاستی تەمەنم هێزی کزکردم،
ڕۆژگاری کورتکردم.
٢٤ گوتی: «ئەی خودای من، لە ناوەڕاستی ڕۆژگارم
لام مەدە،
ساڵانی تۆ بۆ نەوە دوای نەوەیە.
٢٥ لە سەرەتاوە بناغەی زەویت دانا،
ئاسمانیش دەستکردی تۆیە.
٢٦ ئەوان لەناودەچن، بەڵام تۆ دەمێنیت،
هەموو وەك کراس کۆن دەبن،
وەك جلوبەرگ دەیانگۆڕیت و دەگۆڕدرێن.
٢٧ بەڵام تۆ هەروەك خۆتی،
ساڵانی تۆ کۆتایی نایەت.
٢٨ کوڕی خزمەتکارەکانت نیشتەجێ دەبن و
نەوەکانیان لەبەردەمت دەچەسپێن.»

## زەبووری ١٠٣

گۆرانییەکی داود.

١ ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە،
هەموو ناخیشم ستایشی ناوی پیرۆزی بکە.
٢ ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە،
هیچ چاکەیەکی لەبیر مەکە:
٣ ئەوەی لە هەموو گوناهێکت خۆشدەبێت،
لە هەموو نەخۆشییەك چاکت دەکاتەوە،
٤ ئەوەی ژیانت لە گۆڕ دەکڕێتەوە،
خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی دەکاتە تاجی
سەرت،
٥ ئەوەی تەمەنت تێر دەکات بە چاکە،
تاکو گەنجییەتیت وەك هەڵۆ نوێ ببێتەوە.

٦ یەزدان ڕاستودروستی ئەنجام دەدات،
دادپەروەری بۆ هەموو چەوساوەکان.

٧ ڕێگای خۆی بە موسا ناساند،
کردارەکانی بە نەوەکانی ئیسرائیل:
٨ یەزدان میهرەبان و بە بەزەییە،
پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕی زۆرە.
٩ تاوانبارکردنی هەتاسەر نییە،
تووڕەیی هەتاهەتایە نییە.
١٠ بە گوناهی خۆمان لەگەڵ ناکات و
بەگوێرەی تاوانەکانمان سزامان ناداتەوە.

١١ وەك بەرزی ئاسمان لەسەر زەوییەوە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی زۆرکردووە بۆ
ئەوانەی کە لێی دەترسن.
١٢ وەك دووری ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواوە،
یاخیبوونەکانمانی لێ دوورخستووینەتەوە.

١٣ وەك باوك چۆن بەزەیی بە منداڵەکانیدا دێتەوە،
یەزدانیش ئاوا بەزەیی بەوانەدا دێتەوە کە لێی
دەترسن.
١٤ چونکە دەزانێت ئێمە چۆن پێکهێنراوین،
لەبیریەتی کە ئێمە خۆڵین.
١٥ مرۆڤ ڕۆژگاری ژیانی وەك گیا وایە،
وەك گوڵی ناو کێڵگە گوڵ دەکات.
١٦ چونکە بایەك بەسەریدا هەڵبکات، ئیتر نامێنێت،
ئاسەواریشی دیار نابێت.
١٧ بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدان لە ئەزەلەوە
و
هەتاهەتایە بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن،
ڕاستودروستییەکەشی بۆ نەوەکانە،
١٨ بۆ ئەوانەی پەیمانی بەجێدەگەیەنن،
ئەوانەی ڕێنماییەکانی ئەویان لەبیرە بۆ ئەوەی
پەیڕەوی بکەن.

١٩ یەزدان تەختی خۆی لە ئاسمان چەسپاندووە و
پاشایەتییەکەشی بەسەر هەمووانەوە
فەرمانڕەوایەتی دەکات.

٢٠ ئەی فریشتەکانی یەزدان، ستایشی بکەن،
ئەی ئەو بەهێزانەی وتەکانی بەجێدەهێنن،
ئەی ئەوانەی گوێڕایەڵی وتەی ئەو دەبن.
٢١ ئەی هەموو سوپاکانی، ستایشی یەزدان بکەن،
ئەی خزمەتکارانی کە بە ڕەزامەندی ئەو
دەکەن.
٢٢ ئەی هەموو کارەکانی، ستایشی یەزدان بکەن
لە هەموو شوێنێکی ژێر دەسەڵاتی.

ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە.

## زەبووری ١٠٤

١ ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە.

ئەی یەزدانی پەروەردگارم، تۆ زۆر مەزنیت!
شکۆمەندی و پایەبەرزیت لەبەرکردووە.

٢ وەك بەرگ ڕووناکیت پۆشیوە،
وەك خێوەت ئاسمانت هەڵداوە،
٣ وەك کاریتە بەیتوونەکەت لەسەر ئاو داناوە.
هەوری ئاسمانت کردووەتە گالیسکەت،
بەسەر باڵی باوە دەڕۆیت.
٤ بایەکانت کردووەتە فریشتەکانت،
بڵێسەی ئاگر خزمەتکارانت.

٥ زەویت لەسەر بناغەی خۆی دامەزراندووە،
هەتاهەتایە نالەقێت.
٦ تۆ وەك کراس زەویت بە دەریای قووڵ داپۆشی،
لەسەر چیاکان ئاو ڕادەوەستێت.
٧ بەڵام لە سەرزەنشتی تۆ دەریاکان هەڵاتن،
لە گرمەی دەنگی تۆ بە ترسەوە ڕایانکرد،
٨ بەسەر چیاکان کەوتن و
شۆڕ بوونەوە ناو دۆڵەکان،
بۆ ئەو شوێنەی تۆ بۆت دامەزراندبوون.
٩ سنوورێکت دانا لێی تێنەپەڕن،
نەگەڕێنەوە هەتا زەوی داپۆشن.

١٠ کانیاو لە شیوەکان دەتەقێنیتەوە،
بۆ ئەوەی لەنێوان چیاکاندا بڕۆن.
١١ هەموو زیندەوەرێکی دەشتودەر ئاودەدەن،
کەرەکێوییەکان تینوویەتی خۆیانی پێ دەشکێنن.
١٢ باڵندەی ئاسمان هێلانەی تێدا دەکات،
لەناو چڵەکان دەخوێنێت.
١٣ لە بەیتوونەکەی خۆتەوە چیاکان ئاو دەدەیت،
زەوی لە بەروبوومی کردەوەکانت تێر دەبێت.
١٤ گیا بۆ ئاژەڵیماڵی دەڕوێنیت،
سەوزە بۆ خزمەتی مرۆڤ،

بۆ دەرهێنانی نان لە زەوییەوە.
١٥ مەی پێ دەبەخشی بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ خۆش
بکەی،
ڕۆن بۆ درەوشانەوەی زیاتری ڕووی،
نان بۆ پتەوکردنی دڵی مرۆڤ.
١٦ درەختەکانی یەزدان تێر دەبن،
ئەو داری ئورزەی لوبنان کە چاندی،
١٧ ئەوەی چۆلەکە هێلانەی تێدا دەکات،
لەقلەقیش داری سنەوبەرماڵیەتی،
١٨ چیای بەرزیش بۆ بزنە کێوی،
تاشەبەردەکانیش پەناگای گۆڕهەڵکەنە.

١٩ مانگت دروستکرد بۆ دیاریکردنی وەرزەکان،
خۆریش ئاوابوونی خۆی دەزانێت.
٢٠ تاریکی دادێنێت دەبێت بە شەو،
هەموو زیندەوەری دارستان تێیدا دەکەونە
جموجۆڵ.
٢١ بەچکە شێر بۆ نێچیر دەنەڕێنن،
بۆ داواکردنی خواردنیان لە خودا.
٢٢ کە ڕۆژ هەڵدێت دەکشێنەوە،
لەناو لانەکانیان خۆیان مات دەکەن.
٢٣ مرۆڤ دەچێت بۆ ئیشوکاری،
بۆ ڕەنجکێشییەکەی هەتا ئێوارە.

٢٤ ئەی یەزدان، کردەوەکانت چەندە زۆرن!
هەموویت بە دانایی دروستکردووە،
زەوی پڕە لە دەستکردی تۆ.
٢٥ ئەم دەریا گەورە و فراوانە،
کە بێشومار گیانداری گەورە و بچووکی تێدا
جمەی دێت.
٢٦ لەوێ کەشتییەکان دەڕۆن،
لیڤیاتان[a]، ئەمەی خۆت بەدیت هێناوە بۆ
ئەوەی یاری تێدا بکات.

٢٧ ئەمانە هەمووی چاویان لە تۆیە،
بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی خواردنیان بدەیتێ،
٢٨ پێیان دەدەیت و دەیقۆزنەوە،
دەستت دەکەیتەوە تێر چاکە دەبن.
٢٩ ڕوو وەردەگێڕیت، دەتۆقن،
هەناسەیان لێ دەبڕیت، دەمرن،
دەگەڕێنەوە بۆ خۆڵی خۆیان.
٣٠ کاتێك ڕۆحی خۆت دەنێریت،
ئەوان بەدیهێنراون،
ڕووی زەوی نوێ دەکەیتەوە.

٣١ با شکۆی یەزدان هەتاهەتایە بەردەوام بێت،
با یەزدان بە کارەکانی خۆی دڵخۆش بێت.
٣٢ ئەوەی سەیری زەوی دەکات، لەرز دەیگرێت،
دەست دەداتە چیاکان، دووکەڵ دەکەن.

٣٣ بە درێژایی ژیانم گۆرانی بۆ یەزدان دەڵێم،
تاکو ماوم سروود بۆ خودای خۆم دەڵێم.
٣٤ با بیرکردنەوەم شیرین بێت لەلای،
منیش بە یەزدان دڵخۆش دەبم.
٣٥ بەڵام با گوناهباران لەسەر زەوی دواییان
ببڕێتەوە،
با بەدکاران ئیتر نەمێنن.

ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە.
هەلیلویا![b]

## زەبووری ١٠٥

١ ستایشی یەزدان بکەن و بە ناوی ئەوەوە نوێژ
بکەن،
کردارەکانی بە گەلان بناسێنن.
٢ گۆرانی بۆ بڵێن، ستایشی بکەن،
هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕابگەیەنن،
٣ شانازی بە ناوی پیرۆزیەوە بکەن،
با دڵی ئەوانە خۆش بێت کە ڕوو لە یەزدان
دەکەن.
٤ پشت بە یەزدان و هێزەکەی ببەستن،
بەردەوام ڕووتان لەو بکەن.

[a] ٢٦ جۆرە ئەژدیهایەکە، بڕوانە ئەیوب ٤١:١.

[b] ٣٥ وشەیەکی عیبرییە بە واتای (ستایشی یەزدان بکە).

٥ باسی ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانە بکەن کە
کردوونی،
پەرجوو و حوکمەکانی دەمی،
٦ ئەی نەوەی ئیبراهیمی بەندەی ئەو،
ئەی کوڕانی یاقوب، هەڵبژاردەکانی.
٧ ئەو یەزدانی پەروەردگارمانە،
حوکمەکانیشی لە سەراپای زەوییە.

٨ بۆ هەتاهەتایە پەیمانەکەی لە یادە،
ئەو بەڵێنەی دەیدات بۆ هەزار پشتە،
٩ ئەو پەیمانەی لەگەڵ ئیبراهیم بەستی،
ئەو سوێندەی بۆ ئیسحاقی خوارد.
١٠ وەك فەرز بۆ یاقوب چەسپاندی،
وەك پەیمانێکی هەمیشەیی بۆ ئیسرائیل.
١١ فەرموویەتی: «خاکی کەنعان[a] دەدەمە تۆ،
بەشە میراتی خۆتانە.»

١٢ ئەو کاتەی ژمارەیان کەم بوو،
کەم و نامۆ بوون لەو خاکە،
١٣ لە نەتەوەیەکەوە دەچوونە نەتەوەیەکی دیکە،
لە پاشایەتییەکەوە بۆ گەلێکی دیکە.
١٤ لێ نەگەڕا کەس ستەمیان لێ بکات،
بەڵکو لەبەر ئەوان پاشایانی سەرزەنشت کرد:
١٥ «دەست لە دەستنیشانکراوەکانم[b] مەدەن،
خراپە لەگەڵ پێغەمبەرەکانم مەکەن.»

١٦ قاتوقڕی ناردە سەر زەوی،
هەموو نانێکی لە زەوی بڕی.
١٧ کەسێکی لەپێشیانەوە نارد،
یوسف بە کۆیلەیەتی فرۆشرا،
١٨ بە کۆت ئازاری پێیان دا،
زنجیری ئاسنیان لە ملی کرد.
١٩ هەتا کاتی هاتنەدی قسەکەی،
پەیامی یەزدان ڕاستگۆیی ئەوی چەسپاند.

٢٠ پاشا ناردی کۆتەکەیان کردەوە،
فەرمانڕەوای گەلان ئازادی کرد.
٢١ کردی بە گەورەی ماڵی خۆی،
کردی بە دەسەڵاتدار لەسەر هەموو موڵکی
خۆی،
٢٢ بۆ ئەوەی بە دڵی خۆی میرەکانی ڕێنمایی بکات،
پیرەکانی فێری دانایی بکات.

٢٣ جا ئیسرائیل هاتە میسر،
یاقوب لە خاکی حام بوو بە لانەواز.
٢٤ بەم جۆرەی کرد گەلەکەی زۆر بە بەروبووم بن،
لە هەموو دوژمنەکانی بەهێزتری کردن،
٢٥ ئەوەی دڵی گۆڕین بۆ ئەوەی ڕقیان لە گەلەکەی
بێتەوە،
هەتا فێڵ لە خزمەتکارەکانی بکەن.
٢٦ موسای بەندەی خۆی نارد و
هارون ئەوەی هەڵیبژارد.
٢٧ لەنێو خۆیان ئەو پەرجوو و نیشانانەی فەرمانی
پێکرابوو،
لە خاکی حام هێنایانە دی.
٢٨ تاریکی نارد و تاریك داهات،
میسرییەکان لە دژی فەرمانەکانی یاخی بوون.
٢٩ ئاوەکانی گۆڕین بۆ خوێن،
ماسییەکانیانی کوشت.
٣٠ زەوی پڕبوو لە بۆق،
کە چوونە نێو نوێنی پاشاکانیشیان.
٣١ بە فەرمانی ئەو مێشومەگەز هات،
مێشوولە بۆ هەموو سنوورەکانیان.
٣٢ بارانی کردن بە تەرزە،
ئاگری بە گڕ لە زەوییەکانیان.
٣٣ لە هەنجیر و دار مێوەکانی دان،
درەختی سنوورەکانیانی شکاند.
٣٤ بە فەرمانی ئەو کوللە هات،
کوللەحاجی بێشومار،
٣٥ هەموو سەوزایی زەوییەکەیانی خوارد،
بەروبوومی خاکەکەیانی خوارد.
٣٦ لە هەموو نۆبەرەیەکی دا لە خاکەکەیان،

[a] ١١ مەبەست لەو خاکەیە کە کەنعانییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، ئێستاش پێی دەگوترێت فەلەستین.

[b] ١٥ دەستنیشانکراوە: بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.

یەکەمین بەرهەمی پیاوەتییان.
[٣٧] بە زێڕ و زیوەوە دەریکردن،
لەنێو هۆزەکانیان کەسی پەککەوتە نەبوو.
[٣٨] میسر بە چوونەدەرەوەیان دڵخۆش بوو،
چونکە ترسی ئەوان چووبووە دڵیانەوە.

[٣٩] هەورێکی هێنا بۆ داپۆشین،
ئاگرێك بۆ ڕووناککردنەوەی شەو.
[٤٠] داوایان کرد، سوێسکەی[a] هێنا،
نانی ئاسمانی تێری کردن.
[٤١] بەردی شەقکرد و ئاوی لێ هەڵقوڵا،
وەك ڕووبار بەناو بیاباندا ڕۆیی.

[٤٢] چونکە بەڵێنی پیرۆزی خۆی یادکردەوە،
بۆ ئیبراهیمی بەندەی.
[٤٣] گەلەکەی بە شادییەوە هێنایە دەرەوە،
هەڵبژاردەکانی بە هەلهەلەوە.
[٤٤] خاکی نەتەوەکانی پێ بەخشین،
بەری ماندووبوونی گەلانیان بە میرات بۆ مایەوە،
[٤٥] بۆ ئەوەی فەرزەکانی بەجێبهێنن،
فێرکردنی جێبەجێ بکەن.

هەلیلویا.

## زەبووری ١٠٦

[١] هەلیلویا!

ستایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

[٢] کێ باسی پاڵەوانییێتی یەزدان دەکات؟
کێ بە تەواوی ستایشی ئەو دەکات؟
[٣] خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی دادپەروەری پەیڕەو دەکەن،
ئەوانەی هەموو کاتێك بە ڕاستودروستی کار دەکەن.

[٤] ئەی یەزدان، لە کاتی ڕەزامەندیت لە گەلەکەت یادم بکەرەوە،
لە ڕزگارییەکەت بەسەرم بکەرەوە،
[٥] بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی هەڵبژێردراوانت ببینم،
بۆ ئەوەی بە دڵخۆشی نەتەوەکەت دڵخۆشبم،
بۆ ئەوەی لەگەڵ میراتەکەت شانازی بکەم.

[٦] ئێمە وەك باوباپیران گوناهمان کرد،
خراپەمان کرد و بەدکاریمان کرد.
[٧] کاتێك باوکانمان لە میسر بوون،
لە پەرجووەکانی تۆ تێنەگەیشتن،
یادی گەورەیی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی تۆیان نەکردەوە،
بەڵکو یاخی بوون لەلای دەریا، لەلای دەریای سوور[b]،
[٨] بەڵام لەبەر ناوی خۆی ڕزگاری کردن،
بۆ ئەوەی پاڵەوانییێتی بزانرێت.
[٩] لە دەریای سووری ڕاخوڕی، وشك بوو،
بە ناو قووڵاییەکەیدا بردنی، وەك لە بیابان.
[١٠] لە دەست ناحەز ڕزگاری کردن،
لە دەست دوژمن کڕینیەوە.
[١١] ئاو دوژمنانی ئەوانەی داپۆشی،
کەسیان دەرباز نەبوون.
[١٢] ئەوسا بڕوایان بە بەڵێنەکانی کرد،
گۆرانییان بۆ ستایشی گوت.

[١٣] بەڵام هەر زوو کردارەکانی ئەویان لەیادچوو،
چاوەڕێی ڕاوێژی ئەویان نەکرد.
[١٤] بەڵکو لە چۆڵەوانی نەوسیان هەستا،
لە بیابان خودایان تاقی کردەوە،
[١٥] ئەوەی داوایان کرد، پێیدان،

---

[a] ٤٠ سوێسکە: باڵندەیەکی بچووکە، لە شێوەی کەوە، لە پۆلێکی گەورەدا کۆچ دەکەن، لە ئاستێکی نزمدا دەفڕن و هێلانەکانیشیان لەسەر زەوی دروستدەکەن. بڕوانە دەرچوون ١٣:١٦

[b] ٧ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ٢٩:١١.

بەڵام نەخۆشی لەڕی بۆ ناردن.

١٦ لە ئۆردوگا بەغیلییان برد بە موسا و
بە هارونی تەرخانکراوی[a] یەزدان.
١٧ زەوی لێك بووەوە و داتانی قووت دا،
بەسەر تاقمەکەی ئەبیرامدا[b] هاتەوەیەك.
١٨ ئاگر بەربووە تاقمەکەیان،
گڕ بەدکارانی هەڵلووشی.
١٩ لە حۆرێڤ گوێرەکەیەکیان دروستکرد،
کڕنۆشیان بۆ پەیکەرێکی داڕێژراو برد.
٢٠ شکۆیان[c] گۆڕییەوە
بە پەیکەری گای گیاخۆر.
٢١ خودای ڕزگارکەری خۆیان لەبیر کرد،
کە لە میسر کاری مەزنی کردبوو،
٢٢ پەرجووەکان لە وڵاتی حام،
کارە سامناکەکان لەلای دەریای سوور.
٢٣ ئینجا فەرمووی لەناودەچن،
ئەگەر موسای هەڵبژاردەی خۆی،
لە کەلێنی شووراکە لە بەرامبەری ڕانەوەستابایە،
بۆ ئەوەی نەهێڵێ توورەیی ئەو دایانبڕزێنێ.

٢٤ خاکی خۆشیان بە سووك زانی،
باوەڕیان بە بەڵێنی ئەو نەکرد.
٢٥ لەناو خێوەتەکانیاندا کەوتنە بۆڵەبۆڵ،
گوێیان لە قسەی یەزدان نەگرت.
٢٦ ئەویش سوێندی بۆ خواردن،
کە لە بیابان بە مردوویی بکەون،
٢٧ نەوەکانیان لەنێو نەتەوەکان بخات و
لە خاکەکان پەرتیان بکات.

٢٨ پەیوەست بوون بە بەعلی پەعۆرەوە[d]،
ئەو قوربانییانەیان خوارد کە بۆ بتی مردوو
کرابوون[e].
٢٩ بە کردەوەکانیان یەزدانیان پەست کرد،
دەرد بەناویاندا بڵاو بووەوە.
٣٠ بەڵام فینەحاس[f] هەستا و
کەوتە بەینەوە، دەرد ڕاگیرا.
٣١ بە ڕاستودروستی بۆی دانرا،
نەوە دوای نەوە هەتاهەتایە.
٣٢ لەلای مێرگی مەریبا یەزدانیان تووڕە کرد و
موسا بەهۆی ئەوانە کەوتە ناخۆشی،
٣٣ چونکە کاتێك ئەوان لە ڕۆحی خودا یاخیبوون،
قسەی ناشایستەش لە دەمی موسا دەرچوو.

٣٤ گەلەکانیان لەناونەبرد،
وەك یەزدان فەرمانی پێ کردبوون،
٣٥ بەڵکو لەگەڵ نەتەوەکان تێکەڵاو بوون،
فێری نەریتەکانیان بوون.
٣٦ بتەکانی ئەوانیان پەرست و
بوو بە داو بۆیان.
٣٧ کوڕ و کچانی خۆیان
بۆ بتەکان[g] سەربڕی.
٣٨ خوێنێکی بێتاوانیان ڕشت،
خوێنی کوڕ و کچەکانیان،
ئەوانەی بۆ بتەکانی کەنعان سەریان بڕین،
زەوی پیس بوو بە خوێن.
٣٩ گڵاو بوون بە کردەوەکانیان،
داوێنپیس بوون بە کارەکانیان.

٤٠ لەبەر ئەوە توورەیی یەزدان بەسەر گەلەکەیدا
جۆشا،

[a] ١٦ عیبری: پیرۆزی یەزدان بە واتای تەرخانکراو بۆ خزمەتی یەزدان وەك کاهین.

[b] ١٧ دوو کوڕی ئەلیئاب بوون لە نەوەی ڕەئوبێن، بەشداری ئۆنی کوڕی فالتیان کرد لە یاخیبوونەکەی قۆرەح لە دژی موسا و هارون. بڕوانە سەرژمێری بەشی ١٦.

[c] ٢٠ مەبەستی لە شکۆی خودایە.

[d] ٢٨ ناوێکی مۆئابییە بۆ ئەو خوداوەندەی لە کێوی پەعۆر دەیانپەرست. بڕوانە سەرژمێری ٢٥:‏١-‏٩.

[e] ٢٨ نەریتی کەنعانییەکان بوو، کاتێك یەکێکیان دەمرد، قوربانی پێشکەش بکەن و بخۆن و بخۆنەوە و سەما بکەن.

[f] ٣٠ کوڕی ئەلیعەزەری کوڕی هارونە، دڵگەرم بوو بۆ یەزدان بۆیە کاتێك زەمری کوڕی سالووای شمعۆنی لەگەڵ ژنە میدیانییەکە داوێنپیسی دەکرد هەردووکیانی کوشت، بەو شێوەیە ئەو بەڵایەی بەسەر جولەکەکان هاتبوو بڕایەوە. بڕوانە سەرژمێری ٢٥:‏١-‏٩.

[g] ٣٧ بە واتای ڕۆحە پیسەکان.

قێزی لە میراتەکەی بووەوە.
٤١ ژێردەستەی نەتەوەکانی کردن،
ناحەزانیان بەسەریاندا زاڵبوون،
٤٢ دوژمنەکانیان تەنگیان پێ هەڵچنین،
زەلیلی ژێر دەستیان بوون.
٤٣ زۆر جار دەربازی کردن،
بەڵام بە ئەنقەست یاخیبوون،
داڕووخان بە گوناهەکانیان.
٤٤ بەڵام لە تەنگانەیاندا ئاوڕی لێ دانەوە،
کە گوێی لە دەنگی هاواریان بوو.
٤٥ لە پێناوی ئەوان پەیمانی خۆی هێنایەوە یاد،
بەگوێرەی گەورەیی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی
پاشگەز بووەوە.
٤٦ وای کرد ئەوانەی بە دیل گرتوویانن،
سکیان پێیان بسووتێت.

٤٧ ئەی یەزدانی پەروەردگارمان، ڕزگارمان بکە،
لەنێو نەتەوەکان کۆمان بکەرەوە،
بۆ ئەوەی ستایشی ناوی پیرۆزی تۆ بکەین و
شانازی بە ستایشکردنی تۆوە بکەین.

٤٨ ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل،
لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە.

با هەموو گەل بڵێن: «ئامین!»

هەلیلویا!

## کۆکراوەی بەشی پێنجەم

## زەبوورەکانی ١٠٧–١٥٠

### زەبووری ١٠٧

١ ستایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

٢ با ئەوانەی یەزدان کڕینیەوە بەسەرهاتی خۆیان
بگێڕنەوە،
ئەوانەی لە دەستی دوژمن کڕینیەوە،
٣ لە وڵاتانەوە کۆی کردنەوە،
لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە باکوور و
باشوورەوە.

٤ هەندێك گومڕابوون لە چۆڵەوانی، لە بیابان،
ڕێگایان بۆ شاری نیشتەجێبوونیان نەدۆزییەوە.
٥ برسی و تینوو بوون،
گیانیان داهێزرا.
٦ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ یەزدان کرد،
ئەویش لە ناخۆشییەکانیان دەربازی کردن.
٧ ڕابەرایەتی کردن بۆ ڕێگای ڕاست،
بۆ ئەوەی بچن بۆ شاری نیشتەجێبوون.
٨ با ئەوان ستایشی یەزدان بکەن بۆ خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەی،
بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزاد،
٩ چونکە گیانێکی تینووی تێرکرد،
گیانێکی برسی پڕکرد لە چاکە.

١٠ هەندێك لە دانیشووانی تاریکی و سێبەری
مەرگ،
دیلییێتی ئازار و ئاسن،
١١ چونکە لە قسەکانی خودا یاخی بوون،
سووکایەتییان بە ڕاوێژی هەرەبەرز کرد.
١٢ لەبەر ئەوە پشتیان لەژێر باردا چەمایەوە،
کەوتن و کەس نەبوو یارمەتییان بدات.
١٣ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ یەزدان کرد،
ئەویش لە ناخۆشییەکانیان ڕزگاری کردن.
١٤ لە تاریکی و سێبەری مەرگ دەریهێنان،
کۆت و زنجیرەکانی پچڕاندن.
١٥ با ئەوان ستایشی یەزدان بکەن بۆ خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەی،
بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزاد،
١٦ چونکە دەروازەی بڕۆنزی تێکشکاند،
شیشە ئاسنەکانی شکاند.

١٧ هەندێك بوونە گێل و لە ڕێگای یاخیبوونیان و
لە گوناهەکانیان تووشی ناخۆشی دەبن.
١٨ قێزیان لە هەموو خواردنێك بووەوە،

لە دەروازەکانی مەرگ نزیك بوونەوە.
١٩ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ یەزدان کرد،
ئەویش لە ناخۆشییەکانیان ڕزگاری کردن.
٢٠ فەرمایشتی خۆی نارد و چاکی کردنەوە،
لە فەوتان دەربازی کردن.
٢١ با ئەوان ستایشی یەزدان بکەن بۆ خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی،
بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزاد،
٢٢ با قوربانی سوپاسگوزاری بکەن،
بە هەلهەلەوە باسی کردارەکانی بکەن.

٢٣ هەندێك بە کەشتی دابەزینە ناو دەریا،
ئەوانەی لە دەریای گەورە بازرگانییان دەکرد.
٢٤ ئەوان کارەکانی یەزدانیان بینی،
کارە سەرسوڕهێنەرەکانی لە قووڵایی.
٢٥ بە قسەی ئەو ڕەشەبا هەستا،
شەپۆلەکانی بەرزکردەوە.
٢٦ بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان، دادەبەزنە ناو قووڵاییەکان،
گیانیان لە مەترسی دەتوێتەوە.
٢٧ وەك سەرخۆش سەرسم دەدەن و بە ئەملا و ئەولادا دەکەون،
نازانن چی دەکەن.
٢٨ ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ یەزدان کرد،
ئەویش لە ناخۆشییەکانیان دەربازی کردن.
٢٩ ڕەشەبای هێدی کردەوە بۆ ئارامی،
شەپۆلەکانی بێدەنگ کرد.
٣٠ دڵخۆش بوون، چونکە شەپۆلەکان هێمن بوونەوە،
گەیاندیانی بەو بەندەرەی دەیانویست.
٣١ با ئەوان ستایشی یەزدان بکەن بۆ خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی،
بۆ کارە سەرسوڕهێنەرەکانی بۆ ئادەمیزاد،
٣٢ لەناو کۆڕی خەڵك بەرزی بکەنەوە،
لە ئەنجومەنی پیرەکان ستایشی بکەن.

٣٣ ڕووباری کردە بیابان و
سەرچاوەی ئاوەکانی کردە زەوی تینوو،
٣٤ خاکی بە پیتی کردە زەوی بێ کەڵك،
لەبەر خراپەی ئەوانەی تێیدا دانیشتبوون.
٣٥ بیابانی کردە گۆمە ئاو و
زەوی وشکی کردە سەرچاوەی ئاوەکان.
٣٦ برسییەکانی لەوێ نیشتەجێ کرد،
شاری نیشتەجێبوونیان دامەزراند.
٣٧ کێڵگەیان چاند و ڕەزەمێویان ڕواند،
دەغڵیان بە بەروبووم بوو.
٣٨ بەرەکەتداری کردن و زۆر زیاد بوون،
ئاژەڵی ئەوانی کەم نەکردەوە.

٣٩ ئینجا کەم بوونەوە و چەمانەوە،
لەژێر باری خراپەکاری و ناخۆشی.
٤٠ ئەوەی ڕیسوایی بەسەر میرەکاندا دەڕێژێت،
لە چۆڵەوانییەکی بێ ڕێگا گومڕای کردن.
٤١ بەڵام هەژاری لە زەلیلی بەرز کردەوە،
بنەماڵەی ئەوانی وەك ڕانە مەڕ لێکرد.
٤٢ سەرڕاستەکان ئەمە دەبینن و دڵخۆش دەبن،
هەموو خراپەیەك دەمی دەگیرێت.

٤٣ کێ دانایە، با سەرنج بداتە ئەمانە و
لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی یەزدان تێبگات.

## زەبووری ١٠٨

**گۆرانییەك. زەبوورێکی داود.**

١ ئەی خودایە، دڵم چەسپاوە،
بە هەموو گیانم سروود دەڵێم و مۆسیقا دەژەنم.
٢ ئەی ساز و قیسارە، هەستن!
من بەرەبەیانان هەڵدەستم.
٣ ئەی یەزدان، لەنێو گەلان ستایشت دەکەم،
لەنێو نەتەوەکان گۆرانیت بۆ دەڵێم،
٤ چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت مەزنە، لە ئاسمان بەرزترە،
دڵسۆزیشت لە هەورەکان.

٥ ئەی خودایە، بەسەر ئاسماندا بەرزببەوە،
با شکۆی تۆ بەسەر هەموو زەوییەوە بێت.
٦ بە دەستی ڕاستت دەربازمان بکە و یارمەتیمان بدە،
بۆ ئەوەی خۆشەویستانت ڕزگاریان بێت.
٧ خودا لە پیرۆزگاکەی خۆیەوە فەرموویەتی:
«بە هاواری خۆشییەوە شەخەم دابەش دەکەم و
دۆڵی سوکۆت[a] دەپێوم.
٨ گلعاد هی منە، مەنەشەش هی منە،
ئەفرایم کڵاوی منە،
یەهودا[b] داری دەسەڵاتی منە.
٩ مۆئاب[c] دەستشۆرمە،
پێڵاوەکەم فڕێدەدەمە سەر ئەدۆم،
لەسەر فەلەستیە هاواری سەرکەوتن دەکەم.»

١٠ کێیە دەمباتە شاری قەڵابەند؟
کێیە پێشڕەویم دەکات بۆ ئەدۆم؟
١١ ئەی خودایە، مەگەر تۆ نیت کە ئێمەت ڕەت کردووەتەوە و
ئیتر لەگەڵ لەشکرەکانمان دەرناچیت؟
١٢ یارمەتیمان بدە بەرامبەر بە دوژمنەکە،
چونکە ڕزگاری لە مرۆڤەوە پووچە.
١٣ لەگەڵ خودا سەرکەوتن بەدەستدەهێنین،
هەروەها ئەوە دوژمنەکانمان دەخاتە ژێر پێ.

[a] ٧ ناوی دوو شاری کۆنە. شەخەم شارێکی شوورابەند بوو لە پاڵ کێوی گریزیم، سوکۆتیش دەکەوتە دووری شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون.

[b] ٨ گلعاد کوڕی ماکیرە و کوڕەزای منەشێیە و منەشێش نۆبەرەی یوسفە، ئەفرایمیش کوڕی دووەمی یوسفە، یەهوداش کوڕی یاقوبە، بۆیە ئەم ناوانە بوون بە ناوی هۆز و عەشیرەتەکانی ئیسرائیل و هەروەها ناوی شار و ناوچەکانیان.

[c] ٩ خاکی مۆئابییەکان، دەکەوتە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو.

## زەبووری ١٠٩

**بۆ سەرۆکی کۆمەڵی مۆسیقاژەنان، زەبوورێکی داود.**

١ ئەی خودایە، ئەوەی ستایشت دەکەم،
بێدەنگ مەبە،
٢ چونکە دەمی بەدکار و دەمی فریودەر لێم کراونەتەوە،
بە زمانی درۆ قسەم لەسەر دەکەن.
٣ بە قسەی ڕقەوە دەوریان گرتووم،
بەبێ هۆ لە دژم دەجەنگن.
٤ لە جیاتی خۆشەویستییەکەم دژایەتیم دەکەن،
بەڵام من تەنها نوێژم کردووە.
٥ لە پاداشتی چاکە خراپەم لەگەڵ دەکەن،
ڕقیش لە پاداشتی خۆشەویستیم.

٦ بەدکارێکی لەسەر دابنێ،
با سکاڵاکار لەلای دەستە ڕاستی ڕاوەستێت.
٧ با لە دادگایی تاوانبار بکرێت،
پاڕانەوەی ببێت بە گوناه بۆی.
٨ با ڕۆژگاری کورت بێت،
یەکێکی دیکە ئەرکەکەی ئەو وەربگرێت!
٩ با کوڕەکانی هەتیو بن،
ژنی بێوەژن بێت.
١٠ با کوڕەکانی سەرگەردان بن و سواڵ بکەن،
لە ماڵە کاولەکانیان دەربکرێن.
١١ با هەرچی هەیەتی خاوەن قەرز بیبات،
بێگانەش بەری ڕەنجی تاڵان بکەن.
١٢ با کەس نەبێت دەستی خۆشەویستی بۆ درێژ بکات،
کەس نەبێت دڵی بە هەتیوەکانی بسووتێت!
١٣ با نەوەکانی ببڕێتەوە،
ناوی لە نەوەی داهاتوو بسڕێتەوە!
١٤ با تاوانەکانی باوباپیرانی بخرێنە بەردەم یەزدان،
با گوناهەکانی دایکی نەسڕێنەوە!
١٥ با هەمیشە لەبەردەم یەزدان بن
هەتا یادیان لەسەر زەوی ببڕێتەوە!

١٦ لەبەر ئەوەی بیری نەکردەوە کە خۆشەویستی
نەگۆڕ بنوێنێت،
بەڵکو کەسی هەژار و نەدار و دڵشکاوی
ڕاوناوە و کوشتووە.
١٧ حەزی لە نەفرەت لێکردن بوو،
با بۆی بێت!
دڵشاد نەبوو بە داوای بەرەکەت بۆ کردن،
با لێی دووربکەوێتەوە!
١٨ نەفرەتی وەك کراس لەبەرکردبوو،
وەك ئاو چووە ناو لەشی،
وەك ڕۆن چووە ناو ئێسقانەکانی.
١٩ با وەك بەرگێك بێ لە خۆی بیپێچێتەوە،
هەمیشە وەك پشتێنێك بێ لە خۆی ببەستێت!
٢٠ با ئەمە کرێی یەزدان بێت بۆ سکاڵاکارانم،
ئەوانەی بە خراپە لە دژی من دەدوێن.

٢١ بەڵام تۆ ئەی یەزدانی پەروەردگار،
لە پێناوی ناوی خۆت چاکەم لەگەڵ بکە،
دەربازم بکە چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت
چاکە.
٢٢ لەبەر ئەوەی من هەژار و نەدارم،
دڵم لە ناخمدا بریندارە.
٢٣ وەك سێبەری ئێوارە دەڕۆم،
وەك کوللە هەڵدەوەرێم.
٢٤ ئەژنۆم شل بووە لەبەر ڕۆژووگرتن،
لەشم لاواز بووە لە کەمی چەوری.
٢٥ بووم بە سووکایەتی بۆیان،
دەمبینن سەر بادەدەن.

٢٦ ئەی یەزدان، خودای من، یارمەتیم بدە،
بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت ڕزگارم
بکە.
٢٧ با بزانن کە ئەمە دەستی تۆیە،
ئەی یەزدان، کە تۆ ئەمەت کردووە.
٢٨ ئەوان نەفرەت دەکەن، بەڵام تۆ بەرەکەت
دەدەیت،
هەستان و شەرمەزار بوون،
بەڵام خزمەتکاری تۆ دڵخۆش بوو.
٢٩ با سکاڵاکارانم بەرگی نامەردی بکەنە بەر،
با شەرمەزاری وەك کەوا لە خۆیان بئاڵێنن.

٣٠ بە دەمی خۆم زۆر سوپاسی یەزدان دەکەم،
لەنێو خەڵکێکی زۆر ستایشی دەکەم.
٣١ چونکە ئەو لە دەستە ڕاستی نەدار ڕادەوەستێت،
بۆ ڕزگارکردنی لەوانەی حوکمی بەسەردا
دەدەن.

## زەبووری ١١٠

زەبوورێکی داود.

١ یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:

«لە دەستەڕاستم دابنیشە،
هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ[a] بۆ
پێیەکانت.»

٢ یەزدان لە سیهۆنەوە هێز و دەسەڵاتەکەت فراوان
دەکات،
لەناو دوژمنەکانت فەرمانڕەوایەتی دەکەیت.
٣ گەلەکەت لە ڕۆژی هێزت خۆیان پێشکەش
دەکەن،
بە ئارایيشتێکی پیرۆزەوە لە منداڵدانی
بەرەبەیانەوە،
تۆ شەونم لە گەنجییەتیت وەردەگریت.

٤ یەزدان سوێندی خواردووە و بڕیاری ناگۆڕێت:
«هەتاهەتایە تۆ کاهینیت لە پلەی
مەلکیسادق[b].»

٥ پەروەردگار لەلای دەستە ڕاستی تۆیە،

[a] ١ پاشا بەهۆی ئەوەی کورسییەکەی بەرزتر بووە، تەختەیەك لەژێر پێی بووە، پاشا وێنەی دوژمنەکانی لەسەر کێشاوە، وەك هێمایەك بۆ خستنە ژێر پێیان.

[b] ٤ باڵاترین کاهینە لەلای خودای گەورە. بڕوانە پەیدابوون ١٨:١٤.

لە ڕۆژی تووڕەییەکەی پاشایان وردوخاش
دەکات.
٦ لەنێو نەتەوەکان حوکم دەدات، خاکیان پڕ
دەکات لە تەرم،
سەرۆکەکان لەسەر هەموو زەوی وردوخاش
دەکات.
٧ پاشا لە جۆگەی دەم ڕێگا دەخواتەوە،
لەبەر هەموو ئەمانە سەری بەرز ڕادەگرێت.

## زەبووری ١١١

١ هەلیلویا!

بە هەموو دڵەوە ستایشی یەزدان دەکەم،
لە ئەنجومەنی سەرڕاستان و لە کۆبوونەوەکان.

٢ کردارەکانی یەزدان مەزنن،
هەموو ئەوانەی لێی ورد دەبنەوە خۆشی لێ
دەبینن.
٣ بەرز و شکۆمەندە کردارەکانی،
ڕاستودروستییەکەشی هەتاهەتایە چەسپاوە.
٤ وای کردووە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی یاد
بکرێنەوە،
یەزدان میهرەبان و بە بەزەییە.
٥ خواردن دەداتە ئەوانەی لێی دەترسن،
هەمیشە پەیمانی خۆی لەبیرە.

٦ هێزی کردارەکانی خۆی نیشانی گەلەکەی داوە،
بەوەی کە میراتی نەتەوەکانی پێداون.
٧ کردارەکانی دەستی دڵسۆزی و دادپەروەرییە،
ڕێنماییەکانی جێی متمانەن،
٨ هەتاهەتایە چەسپاون،
بە دڵسۆزی و سەرڕاستی دروستکراون.
٩ کڕینەوەی بۆ گەلی خۆی نارد،
فەرمانی هەتاهەتایی بۆ پەیمانەکەی داوە،
پیرۆز و سامناکە ناوی.

١٠ لەخواترسی سەرەتای داناییە،
تێگەیشتنێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی کار بە
ڕێنماییەکانی دەکەن.
ستایشەکەی هەتاهەتایە چەسپاوە.

## زەبووری ١١٢

١ هەلیلویا!

خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی لە یەزدان
دەترسێت،
بە ڕاسپاردەکانی زۆر دڵخۆشە.

٢ وەچەی لەسەر زەوی بەهێز دەبن،
نەوەی سەرڕاستان بەرەکەتدار دەبن.
٣ سامان و دەوڵەمەندی لەماڵیەتی،
ڕاستودروستییەکەی هەتاهەتایە چەسپاوە.
٤ لە تاریکیدا ڕووناکی بۆ سەرڕاستان درەوشایەوە،
بۆ ئەوانەی کە میهرەبان و بە بەزەیی و
ڕاستودروستن.
٥ چاك دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە دڵفراوانە و قەرز
دەدات،
بە دادپەروەرییەوە ئیشوکاری خۆی
ڕادەپەڕێنێت.

٦ بێگومان پیاوچاك هەتاهەتایە نالەقێت،
هەتاهەتایە یادی دەکرێتەوە.
٧ لە بیستنی هەواڵی خراپ ناترسێت،
دڵی پتەوە، پشتی بە یەزدان بەستووە.
٨ دڵی چەسپاوە و ناترسێت،
هەتا سەرکەوتووانە دەڕوانێتە دوژمنەکانی.
٩ بە دڵفراوانییەوە بە هەژارانی بەخشیوە،
ڕاستودروستییەکەی هەتاهەتایە چەسپاوە،
بە ڕێزەوە شکۆمەندییەکەی بەرز دەبێتەوە.

١٠ بەدکار ئەمە دەبینێت و بێزار دەبێت،
ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و دەتوێتەوە،
ئارەزووی بەدکاران لەناودەچێت.

## زەبووری ١١٣

١ هەلیلویا!

ئەی بەندەکانی یەزدان، ستایشی بکەن،
ستایشی ناوی یەزدان بکەن.
٢ با ستایشی ناوی یەزدان بکرێت،
لە ئێستاوە و هەتاهەتایە.
٣ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا،
با ستایشی ناوی یەزدان بکرێت.

٤ یەزدان لەسەر هەموو نەتەوەکان بەرزە،
شکۆمەندی بەسەر ئاسمانەوەیە.
٥ کێ وەك یەزدانی پەروەردگارمانە،
ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە،
٦ ئەوەی دەچەمێتەوە
هەتا بڕوانێتە ئاسمان و زەوی؟

٧ ئەو هەژار لەناو خۆڵ ڕاست دەکاتەوە،
کلۆڵ لەناو زبڵخانە بەرز دەکاتەوە،
٨ بۆ ئەوەی لەگەڵ میران دایبنیشێنێت،
لەگەڵ میرانی گەلی خۆی.
٩ ئافرەتی نەزۆك دەکاتە خاوەن ماڵ،
دەیکاتە دایکێکی شادمان لەنێو منداڵانی.

هەلیلویا!

## زەبووری ١١٤

١ کاتێك ئیسرائیل لە میسر هاتنە دەرەوە،
بنەماڵەی یاقوب لەنێو گەلێکی نامۆ زمان
دەرچوون،
٢ یەهودا بووە پیرۆزگای خودا،
ئیسرائیل بووە جێی فەرمانڕەوایەتی.

٣ دەریا بینی و هەڵات،
ڕووباری ئوردون بەرەو پاش کشایەوە.
٤ چیاکان وەك بەران بازیان دا،
گردەکان وەك بەرخۆلە.
٥ چیتە ئەی دەریا، بۆ وا هەڵدێیت؟
ئەی ئوردون، بۆ بەرەو پاش دەکشێیتەوە؟
٦ ئەی چیاکان، بۆ وەك بەران باز دەدەن؟
ئەی گردەکان، بۆ وەك بەرخۆلە باز دەدەن؟

٧ ئەی زەوی لەبەردەم پەروەردگار بلەرزە،
لەبەردەم خودای یاقوب،
٨ ئەوەی بەردی کرد بە گۆمی ئاو،
بەردەئەستێی کردە کانیاو.

## زەبووری ١١٥

١ بۆ ئێمە نا، ئەی یەزدان، بۆ ئێمە نا،
بەڵکو بۆ ناوی خۆت شکۆ ببەخشە،
لەبەر خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت و
دڵسۆزییەکەت.

٢ بۆچی نەتەوەکان بڵێن:
«کوا، خودایان لەکوێیە؟»
٣ خودامان لە ئاسمانە،
هەرچی حەز بکات، دەیکات.
٤ بتەکانیان زێڕ و زیون،
دەستکردی مرۆڤن.
٥ دەمیان هەیە، بەڵام قسە ناکەن،
چاویان هەیە، بەڵام نابینن،
٦ گوێیان هەیە، بەڵام نابیستن،
لووتیان هەیە، بەڵام بۆن ناکەن،
٧ دەستیان هەیە، بەڵام دەست لە هیچ نادەن،
پێیان هەیە، بەڵام ناڕۆن،
دەنگ لە گەروویان نایەتە دەرەوە.
٨ دروستکەرەکانیان وەك ئەوان دەبن،
هەروەها هەموو ئەوانەش کە پشتیان پێ
دەبەستن.

٩ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، پشت بە یەزدان
ببەستن.
ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١٠ ئەی بنەماڵەی هارون، پشت بە یەزدان ببەستن.

ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.
١١ ئەی ئەوانەی لەخواترسیتان لە دڵدایە، پشت بە یەزدان ببەستن.
ئەو یارمەتیدەر و قەڵغانیانە.

١٢ یەزدان ئێمەی لەبیرە و بەرەکەتدارمان دەکات،
بەرەکەت بە بنەماڵەی ئیسرائیل دەبەخشێت،
بەرەکەت بە بنەماڵەی هارون دەبەخشێت.
١٣ بەرەکەت بەوانە دەبەخشێت کە لەخواترسییان لە دڵدایە،
گەورە و بچووکیش.

١٤ با یەزدان هەر زیادتان بکات،
ئێوە و منداڵەکانتان.
١٥ با ئێوە بە یەزدان بەرەکەتدار بن،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

١٦ ئاسمان ئاسمانی یەزدانە،
زەویشی بە ئادەمیزاد بەخشیوە.
١٧ نە مردووان ستایشی یەزدان دەکەن،
نە هەموو ئەوانەی شۆڕ دەبنەوە ناو بێدەنگی،
١٨ بەڵام ئێمە ستایشی یەزدان دەکەین،
لە ئێستاوە و هەتاهەتایە.

هەلیلویا!

## زەبووری ١١٦

١ یەزدانم خۆشدەوێت،
چونکە گوێ لە دەنگ و لە پاڕانەوەم دەگرێت،
٢ چونکە گوێی خۆی بۆم شل کرد،
هەتا ماوم هەر لێ دەپاڕێمەوە.

٣ تۆڕی مەرگ دەوری دام،
ناخۆشی جیهانی مردووان کەوتە سەرم،
دەرد و تەنگانەم چێژت.
٤ بە ناوی یەزدانەوە دەپاڕێمەوە:
«ئەی یەزدان، تکات لێ دەکەم، گیانم دەرباز بکە!»

٥ یەزدان میهرەبان و ڕاستودروستە،
خودامان بە بەزەییە.
٦ یەزدان چاودێری خەڵکی ساکار دەکات،
کاتێك زەلیل بووم، ئەو ڕزگاری کردم.

٧ ئەی گیانی من، بگەڕێوە بۆ ئارامی خۆت،
چونکە یەزدان چاکەی بەسەرتدا باراند.

٨ تۆ گیانی منت لە مردن ڕزگار کرد،
چاوەکانم لە فرمێسك،
پێیەکانم لە خزان،
٩ تاکو دۆستایەتی یەزدان بکەم
لە خاکی زیندووان.

١٠ باوەڕم کرد، بۆیە قسەم کرد:
«من زۆر دەردەدارم!»
١١ من لە کاتی تۆقینەکەمدا، گوتم:
«مرۆڤ هەموو درۆزنن!»

١٢ چی بدەمەوە یەزدان،
بەرامبەر هەموو چاکەکانی بۆ من.

١٣ جامی ڕزگاری بەرز دەکەمەوە و
بە ناوی یەزدانەوە دەپاڕێمەوە.
١٤ نەزرەکانم بۆ یەزدان بەجێدەهێنم،
بەرامبەر بە هەموو گەلەکەی.

١٥ یەزدان مردنی خۆشەویستانی
لەبەرچاو سەنگینە.
١٦ ئەی یەزدان، من بە ڕاستی خزمەتکاری تۆم،
من خزمەتکاری تۆم، کوڕی کەنیزەکەت،
تۆ کۆتەکانی منت کردەوە.

١٧ قوربانی سوپاسگوزاری بۆ تۆ سەردەبڕم،
بە ناوی یەزدانەوە دەپاڕێمەوە.
١٨ نەزرەکانم بۆ یەزدان بەجێدەهێنم،
بەرامبەر بە هەموو گەلەکەی،
١٩ لە حەوشەی ماڵی یەزداندا،
لە ناوەندی تۆدا، ئەی ئۆرشەلیم.

هەلیلویا!

## زەبووری ١١٧

١ ئەی هەموو نەتەوەکان، ستایشی یەزدان بکەن!
ئەی هەموو گەلان، ستایشی بکەن!
٢ چونکە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی بەسەرمانەوە گەورەیە،
دڵسۆزی یەزدانیش هەتاهەتاییە.

هەلیلویا!

## زەبووری ١١٨

١ ستایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

٢ با ئیسرائیل بڵێ:
«خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.»
٣ با بنەماڵەی هارون بڵێن:
«خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.»
٤ با ئەوانەی لەخواترسییان لە دڵدایە بڵێن:
«خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.»

٥ لە تەنگانەدا هاواری یەزدانم کرد،
بە دەنگمەوە هات و ئازادی کردم.
٦ یەزدان لەلای منە، ناترسم،
مرۆڤ چیم لێ دەکات؟
٧ یەزدان لەلای منە، لەگەڵ یارمەتیدەرانم،
سەرکەوتووانە سەیری ئەوانە دەکەم کە ڕقیان لێمە.

٨ پەنابردنە بەر یەزدان باشترە
لە پشتبەستن بە مرۆڤ.
٩ پەنابردنە بەر یەزدان باشترە
لە پشتبەستن بە میران.
١٠ هەموو نەتەوەکان ئابڵوقەیان داوم،
بە ناوی یەزدان ڕیشەکێشیان دەکەم.
١١ ئابڵوقەیان داوم و دەوریان گرتووم،
بە ناوی یەزدان ڕیشەکێشیان دەکەم.
١٢ وەك کوورە هەنگ تێم ئاڵاون،
وەك ئاگری دڕکوداڵ کوژانەوە،
بە ناوی یەزدان ڕیشەکێشیان دەکەم.
١٣ توند پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی بکەوم،
بەڵام یەزدان یارمەتی داوم.
١٤ یەزدان هێز و گۆرانی منە،
یەزدان بووەتە ڕزگاریی من.

١٥ دەنگی هەلهەلە و ڕزگاری دێت لە خێوەتی ڕاستودروستان:
«دەستە ڕاستی یەزدان کاری ئازایانە دەکات،
١٦ دەستە ڕاستی یەزدان بەرز بووەتەوە،
دەستە ڕاستی یەزدان کاری ئازایانە دەکات.»
١٧ من نامرم، بەڵکو دەژیم و
باسی کردارەکانی یەزدان دەکەم.
١٨ یەزدان بە توندی تەمبێی کردم،
بەڵام نەیدامە دەست مەرگ.
١٩ دەرگاکانی ڕاستودروستیم لێ بکەنەوە،
پێیدا دەچمە ژوورەوە و ستایشی یەزدان دەکەم.
٢٠ ئەم دەرگایە هی یەزدانە،
ڕاستودروستان پێیدا دەچنە ژوورەوە.
٢١ ستایشت دەکەم کە فریام کەوتی،
بۆم بووی بە ڕزگاری.

٢٢ ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە
بوو بە گرنگترین بەردی بناغە[a].
٢٣ ئەمە لەلایەن یەزدانەوە بوو،
لەبەرچاومان سەیرە.
٢٤ ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە یەزدان دروستی کردووە،
با تێیدا شاد و دڵخۆش بین.

٢٥ ئەی یەزدان، تکایە، ڕزگارمان بکە،
ئەی یەزدان، تکایە، سەرکەوتوومان بکە.

---

[a] ٢٢ گرنگترین بەردی بناغە: بەردی قولینچك، بەردێکی گەورەیە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

٢٦ پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە دێت،
لەماڵی یەزدانەوە داوای بەرەکەتتان بۆ
دەکەین.
٢٧ یەزدان خودامانە و
ڕووناکی پێ بەخشیوین.
قوربانی جەژن بە گوریس ببەستنەوە
بە قۆچەکانی قوربانگا.

٢٨ تۆ خودای منیت و منیش ستایشت دەکەم،
تۆ خودای منیت، بە گەورەت دەزانم.

٢٩ ستایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

## زەبووری ١١٩

### א (ئەلف)[a]

١ خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە ڕێگایان تەواوە،
ئەوانەی بەپێی فێرکردنی یەزدان دەڕۆن.
٢ خۆزگە بەوانە دەخوازرێ کە یاساکەی پەیڕەو
دەکەن،
بە هەموو دڵەوە بەدوایدا دەگەڕێن.
٣ هەروەها خراپە ناکەن و
بە ڕێگای ئەودا دەڕۆن.
٤ تۆ ڕێنماییەکانت داوە،
بۆ ئەوەی خەڵك بە تەواوی گوێڕایەڵی بن.
٥ خۆزگە ڕێگاکانم بچەسپابوونایە
لە بەجێگەیاندنی فەرزەکانت!
٦ ئەو کاتە شەرمەزار نەدەبووم،
کە دەمڕوانییە هەموو ڕاسپاردەکانت.
٧ بە دڵی پاکەوە ستایشت دەکەم،
کاتێك فێری حوکمە ڕاستودروستەکانت دەبم.
٨ فەرزەکانت بەجێدەهێنم،
بە تەواوی وازم لێ مەهێنە.

### ב (بێت)

٩ گەنج بە چی هەڵسوکەوتی خۆی بێگەرد دەکات؟
بە پاراستنی وشەکانت.
١٠ بە هەموو دڵەوە بەدوای تۆدا دەگەڕێم،
مەهێڵە لە ڕاسپاردەکانت گومڕابم.
١١ وشەکانی تۆم لەناو دڵم شاردووەتەوە،
تاکو لە دژی تۆ گوناه نەکەم.
١٢ ئەی یەزدان، ستایش بۆ تۆ!
فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٣ بە لێوەکانی خۆم،
باسی هەموو حوکمەکانی دەمی تۆ دەکەم.
١٤ بە پەیڕەوکردنی یاساکانت شاد دەبم،
وەك کەسێك سامانێکی زۆر دەبینێتەوە.
١٥ لە ڕێنماییەکانت ورد دەبمەوە،
چاو دەبڕمە ڕێگاکانت.
١٦ بە فەرزەکانت دڵخۆش دەبم،
وشەکانی تۆم لە یاد ناچێت.

### ג (گیمێل)

١٧ چاکە لەگەڵ خزمەتکاری خۆت بکە،
تاکو بژیم و گوێڕایەڵی فەرمانەکەت بم.
١٨ چاوم بکەرەوە تاکو ئەوانە ببینم،
کردەوە سەرسوڕهێنەرەکان لە فێرکردنت.
١٩ من نامۆم لە زەوی،
ڕاسپاردەکانی خۆتم لێ مەشارەوە.
٢٠ گیانم توایەوە لە تامەزرۆیی
بۆ حوکمەکانت لە هەموو کاتێك.
٢١ سەرزەنشتی لووت بەرزە نەفرەت لێکراوەکانت
کرد،
کە لە ڕاسپاردەکانی تۆ گومڕا بوون.
٢٢ ڕیسوایی و سووکایەتیم لەسەر لابە،
چونکە یاسای تۆم پەیڕەو کردووە.
٢٣ هەرچەندە میرەکان دادەنیشن و لە دژم پیلان
دەگێڕن،
بەڵام خزمەتکارەکەت لە فەرزەکانت ورد
دەبێتەوە.

---

[a] ڕێکخستنی پیتەکان بەپێی ڕێکخستنی عیبرییە ئەلف، بێت، گیمێل... هتد، لە دەقە عیبرییەکە سەری دێڕەکان بەو پیتە دەستپێدەکەن کە لەژێر بەشی ئەو پیتەن.

٢٤ یاساکانت شادمانی منن،
ئەوانە ڕاوێژکارەکانی منن.

### ד (دالێت)

٢٥ گیانم بە خۆڵەوە نووساوە،
بەگوێرەی بەڵێنی خۆت بمژیێنەوە.
٢٦ باسی ڕێگاکانی خۆمم کرد، تۆ بەدەنگمەوە هاتیت،
فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.
٢٧ ڕێگای ڕێنماییەکانی خۆتم تێبگەیەنە،
لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ورد دەبمەوە.
٢٨ گیانم لە خەفەتان توایەوە،
بەگوێرەی بەڵێنی خۆت بەهێزم بکە.
٢٩ ڕێگای درۆم لێ دووربخەوە،
لەگەڵم میهرەبان بە و فێری تەوراتی خۆتم بکە.
٣٠ ڕێگای ڕاستیم هەڵبژاردووە،
حوکمەکانی تۆم خستووەتە بەرچاوم.
٣١ دەست بە یاساکانی تۆوە دەگرم،
ئەی یەزدان، ڕێ مەدە شەرمەزار بم!
٣٢ بە ڕاکردن لەسەر ڕێگای ڕاسپاردەکانت دەڕۆم،
چونکە دڵی منت ئازاد کرد.

### ה (هێی)

٣٣ ئەی یەزدان، فێری ڕێگای فەرزەکانی خۆتم بکە،
هەتا کۆتایی بەجێیان دەهێنم.
٣٤ تێمبگەیەنە و فێرکردنت پەیڕەو دەکەم،
بە هەموو دڵەوە گوێڕایەڵی دەبم.
٣٥ بمخە سەر ڕێگای ڕاسپاردەکانت،
چونکە دڵخۆشم دەکەن.
٣٦ دڵم بخەرە سەر یاساکانت،
نەك سەر قازانج.
٣٧ چاوم وەرگێڕە لە تەماشاکردنی شتی پووچ،
لە ڕێگای خۆتدا بمبوژێنەوە.
٣٨ بەڵێنی خۆت بۆ خزمەتکارەکەت بهێنە دی،
ئەوەی بەوانەت داوە کە لێت دەترسن.
٣٩ ئەو سووکایەتییەم لەسەر لابە کە لێی دەترسم،
چونکە حوکمەکانت چاکن.
٤٠ ئەوەتا پەرۆشی ڕێنماییەکانی تۆم،
بە ڕاستودروستی خۆت بمژیێنەوە.

### ו (ڤاڤ)

٤١ ئەی یەزدان، با خۆشەویستییە نەگۆڕەکەتم بۆ بێت،
ڕزگارییەکەت بەگوێرەی بەڵێنی خۆت،
٤٢ جا وەڵامی ئەوە دەدەمەوە کە گاڵتەم پێ دەکات،
چونکە پشتم بە بەڵێنی تۆ بەستووە.
٤٣ وشەی ڕاست هەرگیز لە دەمم دوور مەخەوە،
چونکە ئومێدم بە حوکمەکانی تۆ هەیە.
٤٤ بە بەردەوامی گوێڕایەڵی فێرکردنی تۆ دەبم،
هەتاهەتایە و هەتاسەر.
٤٥ بە ئازادی دەڕۆم،
چونکە داواکاری ڕێنماییەکانی تۆم.
٤٦ لەبەردەم پاشاکانیش باسی یاساکانی تۆ دەکەم،
شەرمەزاریش نابم.
٤٧ خۆشی لە ڕاسپاردەکانت دەبینم،
چونکە حەزم لێیانە.
٤٨ دەست بۆ ڕاسپاردەکانت بەرز دەکەمەوە، ئەوەی خۆشم دەوێت،
سەرنج دەدەمە فەرزەکانت.

### ז (زاین)

٤٩ پەیمانی خۆت لەبیر بێت بۆ خزمەتکارەکەت،
چونکە هیوات پێم داوە.
٥٠ لە کاتی تەنگانەمدا دڵنەوایی من ئەمەیە:
بەڵێنەکەت منی ژیاندەوە.
٥١ لووتبەرزەکان زۆر گاڵتەم پێ دەکەن،
بەڵام من لە فێرکردنی تۆ لام نەداوە.
٥٢ ئەی یەزدان، حوکمە لەمێژینەکانی تۆم هاتەوە یاد،
دڵنەواییم هاتەوە.

٥٣ لەبەر بەدکاران تووڕەییم جۆشا،
ئەوانەی وازیان لە فێرکردنی تۆ هێناوە.
٥٤ فەرزەکانت بوونە بابەت گۆرانییەکانم،
لە ماڵی ئاوارەییم.
٥٥ ئەی یەزدان، بە شەو یادی ناوی تۆ دەکەمەوە و
گوێڕایەڵی فێرکردنت دەبم.
٥٦ ئەم نەریتە بۆ من بوو:
ڕێنماییەکانی تۆم پەیڕەو کرد.

## ח (حێیت)

٥٧ ئەی یەزدان، تۆ بەشی منی،
بەڵێنم داوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانت بم.
٥٨ بە هەموو دڵەوە داوای ڕەزامەندی تۆ دەکەم،
بەپێی بەڵێنی خۆت لەگەڵم میهرەبان بە.
٥٩ لە ڕێگای خۆم ڕامام،
پێم بەرەو یاساکانت وەرگێڕایەوە.
٦٠ خێرا بووم و دوا نەکەوتم
لە بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکانت.
٦١ گوریسی بەدکارەکان منیان بەستاوەتەوە،
بەڵام فێرکردنی تۆ لەبیر ناکەم.
٦٢ لە نیوەشەودا هەڵدەستم بۆ ئەوەی ستایشت
بکەم
لەسەر حوکمە ڕاستودروستەکانت.
٦٣ من هاوڕێی هەموو ئەوانەم لە تۆ دەترسن،
لەوانەی ڕێنماییەکانت پەیڕەو دەکەن.
٦٤ ئەی یەزدان، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت زەوی
پڕکردووە،
فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.

## ט (تێیت)

٦٥ ئەی یەزدان، چاکەت لەگەڵ خزمەتکارەکەت کرد،
بەگوێرەی بەڵێنی خۆت.
٦٦ هەستی باش و زانینم فێر بکە،
چونکە باوەڕم بە ڕاسپاردەکانت هەیە.
٦٧ بەر لەوەی زەلیل بم گومڕا بووم،
بەڵام ئێستا گوێڕایەڵی فەرمایشتەکەت دەبم.
٦٨ تۆ چاکیت و چاکەکاری،
فەرزەکانی خۆتم فێر بکە.
٦٩ لووتبەرزان درۆم بۆ هەڵدەبەستن،
بەڵام من بە هەموو دڵەوە ڕێنماییەکانت
پەیڕەو دەکەم.
٧٠ دڵیان وەك پیو بێ هەستە،
بەڵام فێرکردنت شادییە بۆ من.
٧١ چاك بوو بۆ من کە زەلیل بم،
بۆ ئەوەی فێری فەرزەکانت بم.
٧٢ فێرکردنی دەمی تۆ،
لە هەزار زێڕ و زیو باشترە بۆ من.

## י (یۆد)

٧٣ دەستی تۆ دروستی کردم و دایڕشتم،
تێمبگەیەنە هەتا فێری ڕاسپاردەکانت بم.
٧٤ ئەوانەی لێت دەترسن شادمان دەبن کاتێك
دەمبینن،
چونکە من هیوام بە بەڵێنی تۆ هەیە.
٧٥ ئەی یەزدان، زانیم کە حوکمەکانت ڕاستودروستە،
بە دڵسۆزی زەلیلیت کردم.
٧٦ با خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بۆ دڵنەواییم بێت،
بەپێی بەڵێنەکەت بۆ خزمەتکارەکەت.
٧٧ با بەزەییت بێتە لام بۆ ئەوەی بژیم،
چونکە فێرکردنی تۆ شادمانییە بۆ من.
٧٨ با لووتبەرزان شەرمەزار بن، چونکە بوختانیان بۆ
هەڵبەستم،
بەڵام من سەرنج دەدەمە ڕێنماییەکانت.
٧٩ با ئەوانەی لێت دەترسن بگەڕێنەوە لای من،
ئەوانەی لە یاساکانی تۆ تێدەگەن.
٨٠ با دڵم تەواو بێت لە فەرزەکانت،
بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبم.

## כ (کاف)

٨١ گیانم پەرۆشی ڕزگاریی تۆیە،
ئومێدم بە بەڵێنی تۆیە.
٨٢ چاوم کز بوو لە چاوەڕوانی بەڵێنەکەت،

دەپرسم: «کەی دڵنەواییم دەکەیت؟»
٨٣ هەرچەندە وەك مەشكەیەكی پڕ دووکەڵم[a] لێهاتووە،
فەرزەکانی تۆم لەیاد نەکردووە.
٨٤ خزمەتکارەکەت دەبێ چەند ڕۆژ چاوەڕێ بکات؟
کەی حوکم دەدەیت بەسەر ئەوانەی من دەچەوسێننەوە؟
٨٥ لووتبەرزان چاڵیان بۆم هەڵکەندووە،
ئەمەش بەگوێرەی فێرکردنی تۆ نییە!
٨٦ هەموو ڕاسپاردەکانت جێی متمانەن،
فریام بکەوە، چونکە بە فێڵ دەمچەوسێننەوە!
٨٧ وەختە لەسەر زەوی کۆتاییم پێ بهێنن،
بەڵام من دەستبەرداری ڕێنماییەکانی تۆ نەبووم.
٨٨ بەپێی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بمژێینەوە،
یاساکانی دەمی تۆ پەیڕەو دەکەم.

## ל (لامد)

٨٩ ئەی یەزدان، فەرمایشتی تۆ هەتاهەتاییە،
لە ئاسمان چەسپاوە.
٩٠ دڵسۆزیت نەوە دوای نەوەیە،
زەویت دامەزراند و دەمێنێت.
٩١ ئەوان بە حوکمەکانی تۆ هەتا ئەمڕۆ ماون،
چونکە هەمووان خزمەتکاری تۆن.
٩٢ ئەگەر فێرکردنی تۆ سەرچاوەی شادیم نەدەبوو،
بە زەلیلی خۆم لەناودەچووم.
٩٣ هەرگیز ڕێنماییەکانت لەبیرناکەم،
چونکە بەوان منت ژیاندەوە.
٩٤ من هی تۆم، ڕزگارم بکە،
چونکە بەدوای ڕێنماییەکانی تۆدا گەڕاوم.
٩٥ بەدکارەکان خۆیان بۆم ماتداوە هەتا بمفەوتێنن،
بەڵام من لە یاساکانی تۆ ڕادەمێنم.
٩٦ بۆ هەموو تەواوییەك سنوورم بینی،
بەڵام ڕاسپاردەی تۆ زۆر فراوانە.

## מ (میم)

٩٧ چەند حەزم لە فێرکردنی تۆیە!
بە درێژایی ڕۆژ لێی ورد دەبمەوە.
٩٨ بەهۆی ڕاسپاردەکانت لە دوژمنەکانم داناتر بووم،
چونکە هەتاهەتایە بۆ منە.
٩٩ لە هەموو مامۆستاکانم هۆشمەندتر بووم،
چونکە لە یاساکانت ورد دەبمەوە.
١٠٠ لە پیرەکان زیاتر تێدەگەم،
چونکە ڕێنماییەکانت پەیڕەو دەکەم.
١٠١ پێی خۆمم قەدەغە کردووە لە هەموو ڕێگایەکی خراپ،
بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانی تۆ بم.
١٠٢ لە حوکمەکانی تۆ لام نەداوە،
چونکە تۆ خۆت فێرت کردووم.
١٠٣ بەڵێنەکانت چەند شیرینن بۆ زمانم،
لە هەنگوین شیرینترن بۆ دەمم.
١٠٤ لە ڕێنماییەکانی تۆ تێگەیشتنم بەدەستهێنا،
بۆیە ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی خوارە.

## נ (نون)

١٠٥ وشەکانی تۆ چران بۆ پێیەکانم،
ڕووناکییە بۆ ڕێگام.
١٠٦ سوێندم خواردووە و بەجێی دەهێنم،
کە ملکەچی حوکمە ڕاستودروستەکانت دەبم.
١٠٧ ئەی یەزدان، زۆر ئازارم چێژتووە،
جا بەپێی بەڵێنی خۆت بمژێینەوە.
١٠٨ ئەی یەزدان، بە ستایشە خۆویستەکانی دەمم ڕازی بە،
حوکمەکانی خۆتم فێر بکە.
١٠٩ هەمیشە گیانم لەناو دەستمدایە،
بەڵام فێرکردنی تۆ لەبیرناکەم.
١١٠ بەدکاران تەڵەیان بۆم ناوەتەوە،
بەڵام من لە ڕێنماییەکانی تۆ گومڕا نابم.
١١١ یاساکانت هەتاهەتایە گەنجینەن بۆ من،
چونکە ئەوان شادی دڵمن.

[a] ٨٣ بە مەبەست وشك و بێ سوودە.

١١٢ دڵم بۆ بەجێهێنانی فەرزەکانت تەرخان دەکەم،
هەتاهەتایە و هەتا کۆتایی.

### ס (سامخ)

١١٣ ڕقم لە کەسانی دوودڵە،
حەزم لە فێرکردنی تۆیە.
١١٤ تۆ پەناگا و قەڵغانی منیت،
هیوام بە بەڵێنی تۆیە.
١١٥ ئەی بەدکارەکان، لێم دوور بکەونەوە،
تاکو ڕاسپاردەکانی خودای خۆم پەیڕەو بکەم.
١١٦ بەپێی بەڵێنەکەی خۆت پشتم بگرە هەتا بژیم،
لە ئومێدی خۆم شەرمەزارم مەکە.
١١٧ پشتم بگرە و ڕزگاردەبم،
هەمیشە چاوم لە فەرزەکانت دەبێت.
١١٨ هەموو ئەوانەی لە فەرزەکانی تۆ گومڕا بوون
ڕەتیان دەکەیتەوە،
چونکە فێڵەکەیان پووچە.
١١٩ هەموو بەدکارانی زەوی وەك خڵت جیا
دەکەیتەوە،
بۆیە حەزم لە یاساکانتە.
١٢٠ لەشم لە تۆقینی تۆ دەلەرزێت و
لە حوکمەکانت دەترسم.

### ע (عەین)

١٢١ دادپەروەری و ڕاستودروستیم بەجێهێناوە،
ڕادەستی زۆردارم مەکە.
١٢٢ بەڵێن بدە چاکە لەگەڵ خزمەتکاری خۆت
بکەیت،
با لووتبەرزەکان ستەمم لێ نەکەن.
١٢٣ چاوم شل بوو لە پەرۆشیم بۆ ڕزگارییەکەت،
بۆ بەڵێنی ڕاستودروستیت[a].
١٢٤ بەپێی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت لەگەڵ
خزمەتکارەکەت ڕەفتار بکە،
فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٢٥ من خزمەتکاری تۆم، تێمبگەیەنە،
بۆ ئەوەی لە یاساکانت تێبگەم.
١٢٦ کاتی کارکردنە بۆ یەزدان،
چونکە فێرکردنی تۆ شکێنراوە.
١٢٧ لەبەر ئەوەی حەز لە ڕاسپاردەکانت دەکەم
زیاتر لە زێڕ، لە زێڕی پوختەکراو،
١٢٨ هەروەها لەبەر ئەوەی هەموو ڕێنماییەکانت بە
ڕاست دەزانم،
ڕقم لە هەموو ڕێگایەکی خوارە.

### פ (پێ)

١٢٩ یاساکانت سەرسوڕهێنەرە،
بۆیە گیانم پەیڕەویان دەکات.
١٣٠ ڕوونکردنەوەی فەرمایشتەکانت ڕووناکی
دەبەخشێت،
تێگەیشتنیش بە نەزانەکان.
١٣١ دەمم کردەوە و هەناسەبڕکێمە،
چونکە پەرۆشی ڕاسپاردەکانی تۆم.
١٣٢ ئاوڕم لێ بدەوە و لەگەڵم میهرەبان بە،
وەك حوکمت بۆ ئەوانەی ناوی تۆیان
خۆشدەوێت.
١٣٣ هەنگاوەکانم لەسەر وتەکەت بچەسپێنە،
مەهێڵە هیچ گوناهێك بەسەرمدا زاڵ بێت.
١٣٤ لە زۆرداری مرۆڤ بمکڕەوە،
بۆ ئەوەی ڕێنماییەکانی تۆ پەیڕەو بکەم.
١٣٥ ڕووت بەسەر خزمەتکاری خۆتدا بدرەوشێنەوە،
فێری فەرزەکانی خۆتم بکە.
١٣٦ جۆگەی ئاو لە چاوەکانم دادەڕژێت،
چونکە فێرکردنت پەیڕەو ناکرێت.

### צ (تسادێ)

١٣٧ ئەی یەزدان، تۆ ڕاستودروستیت،
حوکمەکانت ڕاستن.
١٣٨ ئەو یاسایانەی دەرتکردووە ڕاستودروستن و
بە تەواوی جێی متمانەن.
١٣٩ دڵگەرمیم سووتاندمی،

[a] ١٢٣ مەبەستی لە بەجێهێنانی بەڵێنی ڕاستودروستە.

چونکە دوژمنانم فەرمانەکانی تۆیان لەبیر
کردووە.
١٤٠ بەڵێنی تۆ زۆر تاقیکراوەتەوە،
خزمەتکارەکەت حەزی لێیەتی.
١٤١ من بچووک و ڕیسوام،
بەڵام ڕێنماییەکانت لە یاد ناکەم.
١٤٢ ڕاستودروستیت هەتاهەتایی تەواوە و
فێرکردنت ڕاستە.
١٤٣ تەنگانە و ناخۆشیم تووشبووە،
بەڵام ڕاسپاردەکانت شادی منن.
١٤٤ یاساکانت هەتاهەتایە ڕاستودروستن،
تێمبگەیەنە بۆ ئەوەی بژیم.

## ק (قۆف)

١٤٥ پڕ بە دڵ هاوار دەکەم، ئەی یەزدان، وەڵامم
بدەوە،
فەرزەکانت بەجێدەهێنم.
١٤٦ هاوار بۆ تۆ دەکەم، ڕزگارم بکە!
یاساکانت پەیڕەو دەکەم.
١٤٧ پێش بەرەبەیان هەڵدەستم و هاوارت بۆ
دەهێنم،
ئومێدم بە بەڵێنی تۆ هەیە.
١٤٨ بە درێژایی شەو بەئاگام،
بۆ ئەوەی لە بەڵێنەکانت وردببمەوە.
١٤٩ بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت گوێ لە
دەنگم بگرە،
ئەی یەزدان، بەگوێرەی حوکمەکانت[a]
بمژێینەوە.
١٥٠ پیلانگێڕان نزیک بوونەوە،
لە فێرکردنی تۆ دوورکەوتوونەتەوە.
١٥١ بەڵام ئەی یەزدان، تۆ زۆر نزیکیت،
هەموو ڕاسپاردەکانت ڕاستن.
١٥٢ لەمێژە لە یاساکانت دەزانم،
کە بۆ هەتاهەتایە داتناوە.

## ר (ڕێیش)

١٥٣ سەیری ئازارم بکە و دەربازم بکە،
چونکە فێرکردنی تۆ لەبیر ناکەم.
١٥٤ پارێزەری لە گرفتەکەم بکە و بمکڕەوە،
بەگوێرەی بەڵێنەکەت بمژێینەوە.
١٥٥ ڕزگاری لە بەدکاران دوورە،
چونکە بەدوای فەرزەکانتدا ناگەڕێن.
١٥٦ ئەی یەزدان، بەزەییت زۆرە،
بەگوێرەی حوکمەکانت بمژێینەوە.
١٥٧ دوژمنانم و ئەوانەی دەمچەوسێننەوە زۆرن،
بەڵام لە یاساکانی تۆ لام نەداوە.
١٥٨ خیانەتکارانم بینی بێزم هاتەوە،
چونکە گوێڕایەڵی فەرمانەکانت نەبوون.
١٥٩ ببینە چەندە حەزم لە ڕێنماییەکانتە،
ئەی یەزدان، بەگوێرەی خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەت بمژێینەوە.
١٦٠ هەموو وشەکانی تۆ ڕاستییە،
هەموو حوکمە ڕاستودروستەکانی
هەتاهەتایین.

## ש (شین)

١٦١ میرەکان بەبێ هۆ دەمچەوسێننەوە،
بەڵام دڵم لە فەرمایشتی تۆ دەتۆقێت.
١٦٢ بە بەڵێنەکانت دڵشاد دەبم،
وەک یەکێک دەستکەوتێکی زۆری
چنگکەوتبێت.
١٦٣ ڕقم لە درۆیە و قێزم لێی دەبێتەوە،
بەڵام حەزم لە فێرکردنی تۆیە.
١٦٤ ڕۆژانە حەوت جار ستایشت دەکەم،
بۆ حوکمە ڕاستودروستەکانت.
١٦٥ ئاشتییێکی گەورە بۆ ئەوانەی حەز لە فێرکردنت
دەکەن،
هیچ شتێک بۆیان نابێتە کۆسپ.
١٦٦ ئەی یەزدان، هیوام بە ڕزگاریی تۆیە،
ڕاسپاردەکانی تۆم پەیڕەو کرد.
١٦٧ گیانم یاساکانت پەیڕەو دەکات،

[a] ١٤٩ مەبەست لە بڕیاری خودایە بەگوێرەی پەیمانی خۆی بۆ بەخشینی ژیانی هەتاهەتایی بۆ بێتاوانکراوان.

چونکە زۆر حەزم لێیەتی.
١٦٨ ڕێنمایی و یاساکانی تۆ پەیڕەو دەکەم،
چونکە هەموو ڕێگاکانم لەبەردەمتن.

### ת (تاو)

١٦٩ ئەی یەزدان، با هاوارم بگاتە بەردەمت،
بەگوێرەی پەیمانی خۆت تێمبگەیەنە.
١٧٠ با پاڕانەوەم بێتە بەردەمت،
بەگوێرەی بەڵێنەکەت دەربازم بکە.
١٧١ با لێوم ستایشی لێ بڕژێت،
چونکە فێری فەرزەکانی خۆتم دەکەیت.
١٧٢ با زمانم گۆرانی بەسەر وتەکەتدا بڵێ،
چونکە هەموو ڕاسپاردەکانت ڕاستودروستن.
١٧٣ با دەستت ئامادەبێت بۆ یارمەتیم،
چونکە ڕێنماییەکانی تۆم هەڵبژاردووە.
١٧٤ ئەی یەزدان، من بە پەرۆشم بۆ ڕزگاریی تۆ،
فێرکردنت شادی منە.
١٧٥ با گیانم بژییەتەوە بۆ ئەوەی ستایشت بکەم،
حوکمەکانت یارمەتیم بدات.
١٧٦ وەك بەرخی وێڵ گومڕا بووم،
بەدوای خزمەتکارەکەتدا بگەڕێ،
چونکە ڕاسپاردەکانی تۆم لەبیر نەکردووە.

## زەبووری ١٢٠

گۆرانی گەشتیاران.

١ لە تەنگانەمدا لە یەزدان پاڕامەوە،
بە دەنگمەوە هات.
٢ ئەی یەزدان، گیانم دەرباز بکە
لە لێوی درۆزن و لە زمانی فێڵباز.

٣ چیت پێدەدرێت،
چیت بۆ زیاد دەکرێت، ئەی زمانی فێڵباز؟
٤ تیری تیژکراوی پاڵەوان،
لەگەڵ پشکۆی خەڵووزی دار گەز!

٥ قوڕبەسەرم، چونکە ئاوارەی مەشەکم[a]،
کە لە خێوەتەکانی قێدار[b] نیشتەجێم.
٦ نیشتەجێبوونم درێژەی کێشا
لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لە ئاشتییە.
٧ من ئاشتیخوازم،
بەڵام کاتێك قسە دەکەم، ئەوان شەڕخوازن.

## زەبووری ١٢١

گۆرانی گەشتیاران.

١ چاوم بەرەو چیاکان[c] هەڵدەبڕم،
یارمەتی من لەکوێوە دێت؟
٢ یارمەتی من لەلای یەزدانەوەیە،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

٣ لێ ناگەڕێت پێت بخزێت،
ئەوەی دەتپارێزێت خەواڵوو نابێت.
٤ بێگومان ئەوەی ئیسرائیل دەپارێزێت
خەواڵوو نابێت و نانوێت.

٥ یەزدان پارێزگاری تۆیە،
یەزدان سێبەری تۆیە لەلای دەستە ڕاستت،
٦ نە خۆر بە ڕۆژ ئەزیەتت دەدات،
نە مانگ بە شەو.

٧ یەزدان لە هەموو خراپەیەك دەتپارێزێت،
گیانت دەپارێزێت.
٨ یەزدان پارێزگاری هاتوچۆت دەکات،
لە ئێستاوە و بۆ هەتاهەتایە.

## زەبووری ١٢٢

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.

١ شادمان بووم بەوانەی پێیان گوتم،

[a] ٥ مەشەك، هەرێمێکە لە ئێستای وڵاتی تورکیا.
[b] ٥ قێدار، هەرێمێکە لە نیمچە دوورگەکەی عەرەبی.
[c] ١ مەبەستی چیاکانی دەوری ئۆرشەلیمە.

«با بچینە ماڵی یەزدان.»
٢ ئەی ئۆرشەلیم، پێیەکانمان
لە دەروازەکانت ڕادەوەستن.

٣ ئۆرشەلیم بنیاد نراوە،
وەك شارێکی یەکگرتوو.
٤ لەوێ کە خێڵەکان سەردەکەون،
هۆزەکانی یەزدان،
وەك یاسا بۆ ئیسرائیل
بۆ ئەوەی ستایشی ناوی یەزدان بکەن.
٥ چونکە تەختەکان بۆ دادوەری لەوێ دادەنرێت،
تەختەکانی بنەماڵەی داود.

٦ داوای ئاشتی بکەن بۆ ئۆرشەلیم:
«با ئەوانەی تۆیان خۆشدەوێت ئاسوودە بن.
٧ با ئاشتی لە شووراکانت بێت،
ئاسایش لە قەڵاکانت.»
٨ لە پێناوی برا و هاوڕێیەکانم دەڵێم:
«ئاشتیت تێدابێت!»
٩ لە پێناوی ماڵی یەزدانی پەروەردگارمان،
بەدوای چاکەی تۆدا دەگەڕێم.

## زەبووری ١٢٣

**گۆرانی گەشتیاران.**

١ چاوم بۆ تۆ هەڵبڕی،
تۆ ئەی دانیشتوو لە ئاسمان.
٢ بێگومان وەك چۆن خزمەتکار چاوی لە دەستی
گەورەکەیەتی،
وەك چۆن کەنیزە چاوی لە دەستی
خاتوونەکەیەتی،
ئاواش ئێمە چاومان لە دەستی یەزدانی
پەروەردگارمانە،
بۆ ئەوەی لەگەڵمان میهرەبان بێت.

٣ لەگەڵمان میهرەبان بە، ئەی یەزدان، لەگەڵمان
میهرەبان بە!

چونکە لە ڕادەبەدەر لە سووکایەتی تێربووین.
٤ گیانمان زۆر تێر بووە،
لە گاڵتەی بێ خەمەکان،
لە سووکایەتی لووتبەرزەکان.

## زەبووری ١٢٤

**گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.**

١ «ئەگەر یەزدان لایەنگرمان نەدەبوو،»
با ئێستا ئیسرائیل بڵێت،
٢ «ئەگەر یەزدان لایەنگرمان نەدەبوو،
کاتێك خەڵك لێمان هەستان،
٣ ئەوا بە زیندوویی قووتیان دەداین،
کاتێك قینیان لە دژمان جۆشا،
٤ ئەوا لافاو ڕایدەماڵین،
لێشاو بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی،
٥ ئەوا ئاوی هەڵچوو
بەسەر گیانماندا تێدەپەڕی.»

٦ ستایش بۆ یەزدان،
کە ئێمەی نەکردە نێچیری بەر کەڵبەیان.
٧ گیانمان وەك چۆلەکە لە داوی ڕاوچی دەربازبوو،
داوەکە پسا و ئێمە دەربازبووین.
٨ هانامان بە ناوی یەزدانەوەیە،
دروستکەری ئاسمان و زەوی.

## زەبووری ١٢٥

### گۆرانی گەشتیاران.

١ ئەوانەی پشتیان بە یەزدان بەستووە وەك کێوی
سیهۆن وان،
کە نالەقێت، بەڵکو هەتاهەتایە هەر چەسپاوە.
٢ وەك چۆن چیاکان دەوری ئۆرشەلیمیان داوە،
یەزدانیش دەوری گەلی خۆی داوە،
لە ئێستاوە و هەتاهەتایە.

٣ چونکە گۆچانی خراپەکاران
لەسەر میراتی ڕاستودروستان جێگیر نابێت،
نەوەک ڕاستودروستان
دەستیان درێژ بکەن بۆ خراپەکاری.
٤ ئەی یەزدان، چاکە بکە لەگەڵ پیاوچاکان،
لەگەڵ ئەوانەی بە دڵ ڕاستودروستن.
٥ بەڵام ئەوانەی بادەدەنەوە و ڕێگای خوار دەگرن،
یەزدان لەگەڵ بەدکاران دەیانبات.
ئاشتی بۆ ئیسرائیل!

## زەبووری ١٢٦

**گۆرانی گەشتیاران.**

١ کە یەزدان ڕاپێچکراوانی سییۆنی گەڕاندەوە،
وامان لێهات وەک خەون ببینین.
٢ ئەو کاتە دەممان پڕ پێکەنین و
زمانمان پڕ هەلهەلە بوو،
ئەوسا لەنێو نەتەوەکان گوتیان:
«یەزدان کارێکی گەورەی لەگەڵ ئەوان کرد!»
٣ یەزدان کارێکی گەورەی لەگەڵ ئێمە کرد،
شادمان بووین.
٤ ئەی یەزدان، خۆشحاڵیمان بگەڕێنەوە،
وەک جۆگەکانی نەقەب[a].
٥ ئەوانەی بە فرمێسکەوە دەچێنن،
بە هەلهەلەوە دروێنە دەکەن.
٦ ئەوەی بە گریانەوە دەڕوات و
تۆو بۆ چاندن بار دەکات،
بە هەلهەلەوە دێتەوە و
بەرهەمەکەی بە مەلو بار دەکات.

## زەبووری ١٢٧

گۆرانی گەشتیاران، بۆ سلێمان.

١ ئەگەر یەزدان خانووەکە دروستنەکات،
وەستاکان بێ سوود خۆیان ماندوو دەکەن.
ئەگەر یەزدان چاودێری شارەکە نەکات،
پاسەوان بێ سوود ئێشک دەگرێت.
٢ بێ سوودە بۆتان زوو هەستان و دانیشتن هەتا درەنگی شەو،
خواردنی نانی ڕەنجکێشی،
چونکە خەو بە خۆشەویستانی خۆی دەبەخشێت.
٣ بێگومان منداڵان میراتن لە یەزدانەوە،
پاداشتی بەری سکن.
٤ وەک تیری دەستی پاڵەوان،
ئاوان کوڕانی مرۆڤی گەنج.
٥ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی تیردانی خۆی لەوان پڕکردووە،
شەرمەزار نابێت کە لە دادگا[b] لەگەڵ دوژمنان دەکەوێتە دەمەقاڵێ.

## زەبووری ١٢٨

گۆرانی گەشتیاران.

١ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی لە یەزدان بترسێت،
ڕێگای ئەو بگرێتەبەر.
٢ کە بەری ڕەنجی دەستی خۆت دەخۆیت،
خۆزگەت پێ دەخوازرێت و چاکیشە بۆت.
٣ ژنەکەت وەک دار مێوێکی بەردار دەبێت لەناو ماڵەکەت،
کوڕەکانت وەک شەتڵە زەیتوون دەبن لە دەوری خوانەکەت.

[a] ٤ دەکەوێتە خوارووی فەلەستین، بۆیە لە زمانی عیبری بە واتای باشووریش دێت.

[b] ٥ عیبری: لە دەروازە. لە کەلتوری عیبری دادگا لە دەروازەی شار بووە، زۆر جار وشەی دەروازە لەبری دادگا بەکاردێت.

٤ ئەو کەسەی لە یەزدان بترسێت
ئاوا بەرەکەتدار دەبێت.

٥ یەزدان لە سییۆن بەرەکەتدارت بکات،
چاکەی ئۆرشەلیم ببینیت
هەموو ڕۆژانی ژیانت و
٦ منداڵی منداڵەکانت ببینیت!
ئاشتی بۆ ئیسرائیل!

## زەبووری ١٢٩

**گۆرانی گەشتیاران.**

١ «لە گەنجییەتم زۆر هەراسانیان کردم!»
با ئێستا ئیسرائیل بڵێت:
٢ «لە گەنجییەتم زۆر هەراسانیان کردم!
بەڵام بەسەرمدا زاڵ نەبوون.
٣ جوتیارەکان جووتیان لەسەر پشتم کرد و
هێڵی جووتەکانیان درێژکردەوە.»
٤ بەڵام یەزدان ڕاستودروستە،
پەتی بەدکارانی پچڕاند.

٥ ڕیسوا بن و ببەزن،
هەموو ئەوانەی ڕقیان لە سییۆنە.
٦ بە دەردی گیای سەربان بچن،
پێش ئەوەی گەشە بکات وشك دەبێت،
٧ ئەوەی نە دەستی دروێنەکەر پڕ دەکات و
نە باوەشی گیشەکەر[a].
٨ با ئەوانەی بەلایانەوە تێدەپەڕن پێیان نەڵێن:
«بەرەکەتی یەزدانتان لێ بێت!
بە ناوی یەزدان داوای بەرەکەتتان بۆ دەکەین!»

[a] ٧ ئەو کەسەیە کە لەدوای دروێنەکەران گوڵە گەنمەکان بە باوەش کۆدەکاتەوە.

## زەبووری ١٣٠

**گۆرانی گەشتیاران.**

١ ئەی یەزدان، لە ناخی قووڵاییەکانەوە هاوار بۆ تۆ دەکەم!
٢ ئەی پەروەردگار، گوێ لە دەنگم بگرە!
با گوێیەکانت سووك بن بۆ دەنگی پاڕانەوەم.

٣ ئەی یەزدان، ئەگەر گوناهەکان تۆمار بکەیت،
ئەی پەروەردگار، کێ دەوەستێت؟
٤ بەڵام لێخۆشبوون لەلای تۆیە،
بۆ ئەوەی لێت بترسین.

٥ چاوەڕێی یەزدان دەکەم، گیانم چاوەڕێی دەکات،
هیوام بە بەڵێنەکانییەتی.
٦ گیانم چاوەڕێی پەروەردگار دەکات،
زیاتر لە ئێشکگر بۆ بەرەبەیان،
زیاتر لە ئێشکگر بۆ بەرەبەیان.

٧ ئەی ئیسرائیل، هیوات بە یەزدان هەبێت،
چونکە خۆشەویستی نەگۆڕ لەلای یەزدانە،
توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ کڕینەوە.
٨ هەر ئەوە ئیسرائیل دەکڕێتەوە
لە هەموو گوناهەکانی.

## زەبووری ١٣١

**گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.**

١ ئەی یەزدان، نە دڵم بەفیزە و
نە چاوەکانم بە لووتبەرزییەوە دەڕوانن،
خۆم بە شتی لە خۆم گەورەتر و گرنگترەوە خەریك ناکەم.
٢ بەڵکو گیانم ئارام و کپ کردووە،
وەك منداڵێکی لەشیربڕاوەیە لە باوەشی دایکی،
گیانم وەك منداڵێکی لەشیربڕاوە وایە.

٣ ئەی ئیسرائیل، هیوات بە یەزدان هەبێت،

لە ئێستاوە و بۆ هەتاهەتایە.

## زەبووری ١٣٢

گۆرانی گەشتیاران.

١ ئەی یەزدان، داود و هەموو ئازارەکانی
بەبیر خۆت بهێنەوە.

٢ ئەو سوێندەی بۆ یەزدانی خوارد،
نەزرەکەی بۆ خودای تواناداری یاقوب:
٣ «شەرت بێت نەچمەوە ناو خێوەتیماڵەکم،
نەچمە ناو نوێنەکەم،
٤ خەو نەدەم بە چاوەکانم،
پشوو نەدەم بە پێڵووەکانم،
٥ تاکو شوێنێك بۆ یەزدان پەیدا نەکەم،
نشینگەیەك بۆ خودای تواناداری یاقوب.»

٦ ئەوەتا لە ئەفراتە[a] هەواڵی ئەومان بیست،
لەناو کێڵگەکانی «یاعەر»[b] دۆزیمانەوە:
٧ «با بچینە نشینگەکەی،
با لە تەختەپێی کڕنۆش ببەین.
٨ ئەی یەزدان، هەستە و وەرە بۆ شوێنی
حەوانەوەت،
خۆت و سندوقی هێزت[c].
٩ با کاهینەکانت ڕاستودروستی لەبەر بکەن،
خۆشەویستانت هەلهەلە لێبدەن.»

١٠ لە پێناوی داودی بەندەی خۆت،
دەستنیشانکراوەکەت[d] ڕەت مەکەرەوە.

١١ یەزدان بە ڕاستی سوێندی بۆ داود خوارد و
لێی پاشگەز نابێتەوە:
«لە بەری پشتی خۆت لەسەر تەختەکەت
دادەنێم.
١٢ ئەگەر کوڕەکانت پەیمانەکەم نەشکێنن،
هەروەها ئەو فەرزانەی کە فێریان دەکەم،
ئەوسا خۆیان و نەوەکانیان هەتاهەتایە
لەسەر تەختەکەت دادەنیشن.»

١٣ چونکە یەزدان سییۆنی هەڵبژارد و
حەزی کرد بیکات بە نشینگەی خۆی.
١٤ «هەتاهەتایە ئەمە ئارامگامە،
لێرە نیشتەجێ دەبم، چونکە پێم خۆشە!
١٥ بەرەکەت بەسەر ئازووقەکەیدا دەبارێنم،
هەژارەکانی تێر نان دەکەم.
١٦ ڕزگاری دەکەمە بەر کاهینەکانی،
خۆشەویستانی بە شادمانییەوە هەلهەلە لێ
دەدەن.

١٧ «لەوێ هێز بە داود دەبەخشم،
چرایەك بۆ دەستنیشانکراوەکەم[e] ئامادە
دەکەم.
١٨ شەرمەزاری دەکەمە بەر دوژمنەکانی،
بەڵام تاجەکەی سەر ئەو شکۆفە دەکات.»

## زەبووری ١٣٣

گۆرانی گەشتیاران، بۆ داود.

١ ئەوەتا چەند باشە و چەند جوانە،
کاتێك گەلی خودا پێکەوە بژین!

٢ وەك ڕۆنی بۆن خۆشە بەسەر سەرەوە،
کە بەسەر ڕیشدا دێتە خوارێ، ڕیشی هارون،
کە بەسەر یەخەی کراسەکەیدا دێتە خوارێ.
٣ وەك شەونمی حەرمۆن[f] کە دێتە خوارێ
بەسەر کێوی سییۆن،

[a] ٦ ئەفراتە نای پێشتری شاری بێتلەحم بووە.

[b] ٦ یاعەر، مەبەست قیریەت یەعاریمە دەکەوێتە نزیکەی دووری ١٤ کیلۆمەتر لە بێتشەمەش، بڕوانە یەکەم ساموئێل ٦:١٧-٢١.

[c] ٨ مەبەست سندوقی پەیمانە، بڕوانە دەرچوون ٢٥:١٠-٢٢ و یەکەم ساموئێل ٤:١١–٦:٢١.

[d] ١٠ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.

[e] ١٧ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.

[f] ٣ بەرزترین شاخە لە سوریا.

چونکە لەوێ یەزدان فەرمانی بە بەرەکەت دا،
ژیانی هەتاهەتایی.

## زەبووری ١٣٤

### گۆرانی گەشتیاران.

١ ستایشی یەزدان بکەن، ئەی هەموو بەندەکانی یەزدان،
ئەی ئەوانەی بە شەوان لەماڵی یەزدان ڕادەوەستن.
٢ لە پیرۆزگاکە[a] دەست بەرزبکەنەوە و
ستایشی یەزدان بکەن.

٣ با یەزدان، دروستکەری زەوی و ئاسمان،
لە سییۆنەوە بەرەکەتدارت بکات.

## زەبووری ١٣٥

١ هەلیلویا!

ستایشی ناوی یەزدان بکەن،
ئەی بەندەکانی یەزدان، ستایشی بکەن،
٢ ئەی ئەوانەی لە ماڵی یەزدان ڕاوەستاون،
لە حەوشەی ماڵی خودامان.

٣ ستایشی یەزدان بکەن، چونکە یەزدان چاکە،
مۆسیقا بۆ ناوی بژەنن، چونکە ئاوا جوانە،
٤ چونکە یەزدان یاقوبی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و
ئیسرائیل بۆ گەنجینەیەکی تایبەتی خۆی.

٥ من دەزانم یەزدان مەزنە،
پەروەردگارمان لە هەموو خوداوەندەکان مەزنترە.
٦ یەزدان هەرچی پێ خۆشبێت دەیکات،
لە ئاسمان و لەسەر زەوی،
لە دەریا و لە هەموو قووڵاییەکان.
٧ لە بنی دنیاوە هەورەکان بەرز دەکاتەوە،
بروسکە بۆ باران دروستدەکات و
لە ئەمباری خۆی با دەردێنێت.

٨ ئەو بوو کە نۆبەرەکانی میسری لەناوبرد،
لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ.
٩ ئەی میسرییەکان، لەنێو ئێوە نیشانە و پەرجووی نارد،
لە دژی فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی.
١٠ ئەو زۆر نەتەوەی لەناوبرد و
پاشا بە تواناکانی کوشت.
١١ سیحۆنی[b] پاشای ئەمورییەکان و
عۆگی[c] پاشای باشان و
هەموو پاشاکانی کەنعان
١٢ خاکەکەیانی کردە میرات،
میرات بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆی.

١٣ ئەی یەزدان، ناوت هەتاهەتاییە،
ئەی یەزدان، یادت بۆ نەوە دوای نەوەیە،
١٤ چونکە یەزدان ئەستۆپاکی گەلی خۆی دەسەلمێنێت،
میهرەبان دەبێت لەگەڵ خزمەتکارەکانی.

١٥ بتەکانی نەتەوەکان زێڕ و زیون،
دەستکردی مرۆڤن.
١٦ دەمیان هەیە، بەڵام قسە ناکەن،
چاویان هەیە، بەڵام نابینن،
١٧ گوێیان هەیە، بەڵام نابیستن،
هەناسە لە دەمیان نییە.
١٨ دروستکەرەکانیان وەك ئەوان دەبن،
هەروەها هەموو ئەوانەش کە پشتیان پێ دەبەستن.

١٩ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ستایشی یەزدان بکەن!

---

[a] ٢ بڕوانە یەکەم تیمۆساوس ٨:٢

[b] ١١ سیحۆن، یەکێك بوو لە پاشاکانی ئەمورییەکان، ویستی بەرەنگاری جولەکەکان بێتەوە و ڕێی پێنەدان بەناو خاکەکەیدا تێپەڕن، کاتێك بەڕێوە بوون بەرەو خاکی کەنعان. جا خۆی و سوپاکەی تێکشکان. بڕوانە ژمارە ٢١:٢١-٢٩.

[c] ١١ عۆگ، پاشای باشان بوو، بە هەمان دەردی سیحۆن چوو. بڕوانە ژمارە ٣١:٢١-٣٥.

ئەی بنەماڵەی هارون، ستایشی یەزدان بکەن!
٢٠ ئەی بنەماڵەی لێڤی، ستایشی یەزدان بکەن!
ئەی ئەوانەی ترسی یەزدانتان لە دڵدایە،
ستایشی یەزدان بکەن!
٢١ ستایش بۆ یەزدان لە سییۆن،
بۆ ئەوەی لە ئۆرشەلیم نیشتەجێیە.

هەلیلویا!

## زەبووری ١٣٦

هەلیلویا!
١ ستایشی یەزدان بکەن، لەبەر ئەوەی چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢ ستایشی خودای خودایان بکەن،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٣ ستایشی گەورەی گەورەیان بکەن،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

٤ بۆ ئەوەی بە تەنها ئەوە کاری سەرسوڕهێنەری مەزن دەکات،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٥ ئەوەی بە تێگەیشتنەوە ئاسمانی دروستکردووە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٦ ئەوەی زەوی لەسەر ئاوەکان ڕاخستووە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٧ ئەوەی ڕووناکییە مەزنەکانی دروستکردووە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٨ خۆر بۆ حوکمگێڕی ڕۆژ،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٩ مانگ و ئەستێرەکان بۆ حوکمگێڕی شەو،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

١٠ بۆ ئەوەی لە میسر و نۆبەرەکانی دا[a]
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١١ ئیسرائیلی لە ناوەڕاستیان دەرهێنا،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١٢ بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

١٣ بۆ ئەوەی دەریای سووری کرد بە دوو بەشەوە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١٤ ئیسرائیلی بە نێوانیاندا پەڕاندەوە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١٥ فیرعەون و لەشکرەکەی فڕێدایە ناو دەریای سوور،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

١٦ بۆ ئەوەی لە بیابان ڕابەرایەتی گەلی خۆی کرد،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

١٧ ئەوەی پاشا مەزنەکانی لەناوبرد،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١٨ ئەوەی پاشا ناودارەکانی کوشت،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
١٩ سیحۆنی پاشای ئەمورییەکان،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢٠ عۆگی پاشای باشان،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢١ خاکەکەیانی کرد بە میرات،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢٢ بە میرات بۆ ئیسرائیلی بەندەی خۆی،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

٢٣ بۆ ئەوەی کاتێك زەلیل بووین ئێمەی بەبیر هاتەوە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢٤ ئەوەی لەناو دوژمنمان دەریهێناین،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.
٢٥ ئەوەی نان دەداتە هەموو بەدیهێنراوێك.
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

٢٦ ستایشی خودای ئاسمان بکەن،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.

---

[a] ١٠ مەبەستی لە لەناوبردنی نۆبەرەکانی میسرە، بڕوانە دەرچوون بەشی ١١.

## زەبووری ١٣٧

١ لەدەم ڕووبارەکانی بابل، لەوێ دانیشتین،
هەروەها گریاین کە سییۆنمان بیر کەوتەوە.
٢ بە شۆڕەبییەکانی ناوەڕاستی
قیسارەکانی خۆمان هەڵواسی،
٣ چونکە لەوێ ڕاپێچکەرانمان داوای گۆرانییان لێکردین،
چەوسێنەرانمان داوایان کرد دڵخۆشیان بکەین:
«گۆرانییەکمان بۆ بڵێن لە گۆرانییەکانی سییۆن.»

٤ چۆن گۆرانی یەزدان بڵێین
لە خاکێکی بێگانە؟
٥ ئەی ئۆرشەلیم، ئەگەر لەبیرت بکەم،
با دەستە ڕاستەم بەهرەکەی لەبیر بکات.
٦ با زمانم بە مەڵاشوومەوە بنووسێت، ئەگەر یادت نەکەم،
ئەگەر ئۆرشەلیم لە سەرووی هەموو خۆشییەکم دانەنێم.

٧ ئەی یەزدان، ئەو ڕۆژەی ئۆرشەلیم کەوت[a]
نەوەی ئەدۆمت لەبیر بێت،
کاتێك گوتیان: «تەختی بکەن، هەتا بناغە تەختی بکەن!»
٨ ئەی دانیشتووانی بابل[b] کە چارەنووستان لەناوچوونە،
دەستی خۆش بێت ئەو کەسەی تۆڵەتان لێ دەستێنێتەوە،
وەك ئەو خراپەی هی ئێمەتان دایەوە!
٩ دەستی خۆش بێت ئەو کەسەی منداڵەکانتان دەگرێت و
بە تاشەبەردیاندا دەدات!

[a] ٧ بابلییەکان لە ساڵی ٥٨٧ پ. ز. بە یارمەتی ئەدۆمییەکان ئۆرشەلیمیان داگیر کرد.
[b] ٨ مەبەستی لە خەڵکی بابلە.

## زەبووری ١٣٨

بۆ داود.

١ بە هەموو دڵەوە ستایشت دەکەم،
لەبەردەم خوداوەندەکان گۆرانیت بۆ دەڵێم.
٢ بەرامبەر پەرستگای پیرۆزت کڕنۆش دەبەم،
ستایشی ناوت دەکەم،
لەبەر خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت و دڵسۆزییەکەت،
چونکە فەرمایشتی خۆتت لە ناوبانگەکەت بەرزتر کردووەتەوە.
٣ ئەو ڕۆژەی هاوارم بۆ تۆ کرد بەدەنگمەوە هاتیت،
ئازا و بوێرت کردم.

٤ ئەی یەزدان، هەموو پاشاکانی سەر زەوی ستایشت دەکەن،
کاتێك فەرمایشتی دەمی تۆیان بیست.
٥ گۆرانی بەسەر ڕێگاکانی یەزداندا دەڵێن،
چونکە شکۆمەندی یەزدان مەزنە.

٦ چونکە یەزدان بەرزە و دەڕوانێتە کەسی بێفیز،
بەڵام لووتبەرزان لە دوورەوە دەناسێت.
٧ ئەگەر بەناو تەنگانەشدا بڕۆم ژیانم دەپارێزیت،
دەست درێژ دەکەیت بەسەر تووڕەیی دوژمنانم،
بە دەستی ڕاستت ڕزگارم دەکەیت.
٨ یەزدان ئەستۆپاکیم دەسەلمێنێت؛
ئەی یەزدان، خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت هەتاهەتاییە،
واز لە کارەکانی دەستت مەهێنە.

## زەبووری ١٣٩

بۆ گەورەی گۆرانیبێژان، زەبوورێکی داود.

١ ئەی یەزدان، تۆ منت پشکنی و

منت ناسی.
٢ هەستان و دانیشتنی منت زانیوە،
لە دوورەوە لە بیرکردنەوەم گەیشتووی.
٣ ڕێڕەو و جێی ڕاکشانی منت پێواوە،
شارەزای هەموو ڕێگاکانی منیت.
٤ ئەی یەزدان، بەر لەوەی وشەیەك لەسەر زمانم
هەبێت،
تۆ بە تەواوی دەیزانی.
٥ لەپێش و لە پشتەوە دەورت داوم،
دەستت دەخەیتە سەرم.
٦ ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە،
لە سەرووی منەوەیە، ناتوانم بەدەستی بهێنم.

٧ بۆ کوێ بچم لە ڕۆحی تۆ؟
بۆ کوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت؟
٨ ئەگەر سەربکەوم بۆ ئاسمان، ئەوەتا تۆ لەوێی،
ئەگەر لەناو جیهانی مردووان ڕاکشێم، ئەوەتا
تۆ لەوێی.
٩ ئەگەر دەست بە باڵی بەرەبەیانەوە بگرم،
ئەگەر لەوپەڕی دەریا[a] نیشتەجێ بم،
١٠ لەوێش دەستی تۆ ڕێنماییم دەکات،
دەستە ڕاستەت بە خۆیەوە دەمگرێت.
١١ ئەگەر گوتم: «بێگومان تاریکی دامدەپۆشێت،
ڕووناکیش دەبێتە شەوی دەورم،»
١٢ ئەوا لە تاریکیشدا لەلای تۆ تاریك دانایەت،
شەو وەك ڕۆژ ڕووناکی دەبەخشێت،
تاریکیش وەك ڕووناکی وایە.

١٣ چونکە تۆ ناخی منت دروستکردووە،
لەناو سکی دایکم منت چنیوە.
١٤ ستایشت دەکەم، چونکە بە سامناکی
دروستکراوم، سەرسوڕهێنەرم،
کارەکانت سەرسوڕهێنەرن،
لە ناخمەوە باش ئەمە دەزانم.
١٥ ئێسقانم لە تۆ شاراوە نەبوو،
کاتێك لە پەنهانی دروستکرام،
لەناو سکی زەوی نەخشێنرام.
١٦ هێشتا لە سکی دایکم بووم، ئەندامەکانی
لەشمت بینی.
هەموو ئەو ڕۆژانە کە بۆ من شێوەیان کێشرا،
لە پەڕتووکەکەتدا نووسراون،
پێش ئەوەی هیچ کامێکیان هەبن.
١٧ ئەی خودایە، بیرۆکەکانت بەلای منەوە چەند
گرانبەهایە!
کۆی ژمارەیان چەندە مەزنە!
١٨ ئەگەر بیانژمێرم، لە لم زیاترن.
کە بەئاگادێمەوە هێشتا لەگەڵ تۆم.

١٩ خودایە، خۆزگە بەدکارەکانت دەکوشت!
ئەی خوێنڕێژەکان، لێم دووربکەونەوە!
٢٠ ئەوانەی بە خراپە باست دەکەن،
سکاڵاکاران بەبێ هۆ لێت هەستاون!
٢١ ئەی یەزدان، ئایا ڕقم لەوانە نەبێت کە ڕقیان لە
تۆیە؟
ئایا قێزم لەوانە نەبێتەوە کە لە دژی تۆ
دەوەستن؟
٢٢ بە تەواوی ڕقم لێیانە،
بوون بە دوژمنم.
٢٣ خودایە، بمپشکنە و بزانە دڵم چی تێدایە!
تاقیم بکەوە و بزانە خولیای چیم.
٢٤ سەیر بکە ئاخۆ هیچ ڕێگایەکی خراپەم تێدایە،
ڕێنماییم بکە لە ڕێگای هەتاهەتایی.

## زەبووری ١٤٠

**بۆ گەورەی گۆرانیبێژان، زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، لە کەسی بەدکار دەربازم بکە،
لە پیاوی توندوتیژ بمپارێزە،
٢ ئەوانەی لە دڵەوە بیر لە خراپە دەکەنەوە و
هەموو ڕۆژێك خەریکی شەڕانگێزین.
٣ زمانیان وەك زمانی مار تیژکردووە،

[a] ٩ مەبەستی لە ڕۆژئاوای دوورە.

ژەهری تیرەمار لەژێر لێویانە.[a]
٤ ئەی یەزدان، لە دەست بەدکار ئاگادارم بە،
لە پیاوی توندوتیژ بمپارێزە،
ئەوانەی پیلانیان داناوە بۆ ئەوەی قاچم
بخلیسکێنن.
٥ لووتبەرزان تەڵەیان بۆم ناوەتەوە،
پەت و تۆڕیان بڵاو کردووەتەوە،
لە دەم ڕێگا داویان بۆم ناوەتەوە.
٦ بە یەزدانم گوت: «تۆ خودای منی!»
ئەی یەزدان، گوێ لە دەنگی پاڕانەوەم بگرە.
٧ ئەی یەزدانی پەروەردگار، هێزی ڕزگاریم،
لە ڕۆژی شەڕدا سەری منت داپۆشی.
٨ ئەی یەزدان، ئارەزووەکانی بەدکار مەهێنە دی،
لێمەگەڕێ پیلانەکانی سەربگرێت،
بۆ ئەوەی لووتبەرز نەبن.
٩ با سەری ئەوانەی دەوریان داوم
بە خراپەی لێویان بپۆشرێن،
١٠ با پشکۆیان بەسەردا ببارێت،
بکەونە ناو ئاگرەوە،
بکەونە ناو چاڵەوە، ڕاست نەبنەوە.
١١ با بوختانکەر لەسەر زەوی جێگیر نەبێت،
با کەسی توندوتیژ ببێتە نێچیری خراپە.
١٢ دەزانم یەزدان دادپەروەری دەکات بۆ هەژاران،
ماف دەدات بە نەداران.
١٣ بێگومان ڕاستودروستان ستایشی ناوت دەکەن،
سەرڕاستان لە ئامادەبوونت دادەنیشن.

## زەبووری ١٤١

**زەبوورێکی داود.**

١ ئەی یەزدان، هاوارم بۆ تۆ کرد، خێرابە بۆ لام!
گوێ لە دەنگم بگرە کە هاوارت بۆ دەکەم.
٢ با نوێژم وەك بخوور لەبەردەمت بچەسپێت،
دەست بەرزکردنەوەم وەك قوربانی ئێوارە
بێت.
٣ ئەی یەزدان، پاسەوانێك دانێ بۆ دەمم،
دەرگای لێوەکانم بپارێزە.
٤ وا مەکە دڵم بەلای خراپەدا بچێت،
نەوەك خۆم بە کردەوەی بەد خەریك بکەم،
لەگەڵ ئەوانەی بەدکاری دەکەن،
لە شتە خۆشەکانی ئەوان ناخۆم.
٥ با پیاوچاك لێم بدات، ئەوە خۆشەویستییە،
با سەرزەنشتم بکات، ئەو وەك ڕۆنی بۆنخۆشی
سەرە،
سەرم لاری نییە،
چونکە بەردەوام نوێژەکانم لە دژی خراپەکانیانە.
٦ ڕابەرانیان لە خەرەند فڕێدەدرێنە خوارێ،
ئەوسا گوێ لە قسەم دەگرن چونکە ڕاستە.
٧ وەك کێڵان و شەقکردنی زەوی،
ئاوا ئێسقانەکانیان لە دەمی گۆڕ پەرت
دەکرێن.
٨ چونکە چاوەکانم سەرنجیان لەسەر تۆیە، ئەی
یەزدانی پەروەردگار،
پەنا دێنمە بەر تۆ، با گیانم نەفەوتێت.
٩ بمپارێزە لەو داوەی بۆیان ناومەتەوە،
لە تەڵەی بەدکاران.
١٠ با بەدکاران پێکەوە بکەونە تۆڕی خۆیانەوە،
لەو کاتەدا من بە ئاسوودەیی بپەڕمەوە.

## زەبووری ١٤٢

**هۆنراوەیەکی داود کە لە ئەشکەوت بوو. نوێژ.**

١ پڕ بە دەنگم هاوار بۆ یەزدان دەکەم،
بە دەنگی بەرز لە یەزدان دەپاڕێمەوە.
٢ سکاڵای خۆمی لەبەردەم هەڵدەڕێژم،
لەبەردەمی باسی تەنگانەکانی خۆم دەکەم.

[a] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ئایەتەکانی ٥ و ٨، وشەی سەلاه هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

٣ لە کاتی ورەبەردانی ڕۆحم،
تۆ شارەزای ڕێڕەوی منی.
لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆم،
خەڵك تەڵەیان بۆم ناوەتەوە.
٤ ئاوڕ بەلای ڕاستدا بدەوە و ببینە،
کوا ناسیاوی من؟
پەناگا بۆ من قڕبووە،
کوا پرسیارکەر لە ئەحواڵی من؟

٥ ئەی یەزدان، هاوارم بۆ تۆ کرد،
گوتم: «تۆ پەناگای منی،
لە خاکی زیندووان تۆ بەشی منی.»

٦ بە وردی گوێ لە لاوانەوەم بگرە،
چونکە زۆر زەلیلم،
لە دەست ڕاونەرانم دەربازم بکە،
چونکە لە من بەهێزترن.
٧ گیانم لە بەندیخانە دەربهێنە،
بۆ ئەوەی ستایشی ناوت بکەم.
ئینجا ڕاستودروستان دەورم دەگرن،
چونکە چاکەم لەگەڵ دەکەیت.

## زەبووری ١٤٣

زەبوورێکی داود.

١ ئەی یەزدان، نوێژم ببیستە،
گوێ لە پاڕانەوەم بگرە،
بە دڵسۆزی و ڕاستودروستی خۆت
وەڵامم بدەوە.
٢ لەگەڵ خزمەتکاری خۆت مەکەوە دادگایی،
چونکە کەس نییە لەبەردەم تۆ بێتاوان
دەربچێت.
٣ چونکە دوژمن ڕاوم دەنێت،
ژیانمی بەرەو زەوی پێپەست کردووە،
لەناو تاریکی داینیشاندووم
وەك ئەوانەی دەمێکە مردوون.
٤ ڕۆحم بێ ورە دەبێت،
لە ناخمەوە دڵم دەبەسترێت.
٥ ڕۆژگاری دێرین دێتەوە یادم،
لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە،
سەرنج دەدەمە کردارەکانی دەستت.
٦ دەستم بۆ تۆ پاندەکەمەوە،
گیانم بۆ تۆ وەك خاکێکی وشکە.[a]

٧ ئەی یەزدان، زوو وەڵامم بدەوە،
ڕۆحم لەناودەچێت،
ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە،
ئەگینا لەوانە دەچم کە دەچنە نێو جیهانی
مردووان.
٨ با بەیانییان گوێم لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت
بێت،
چونکە من پشت بە تۆ دەبەستم.
ئەو ڕێگایەم پێ بناسێنە کە دەیگرمەبەر،
چونکە گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە.
٩ ئەی یەزدان، لە دوژمنەکانم دەربازم بکە،
هانا بۆ تۆ دەهێنم.
١٠ فێرم بکە بە ڕەزامەندی تۆ بهێنمە دی،
چونکە تۆ خودای منی.
ڕۆحە چاکەکەت ڕێنماییم دەکات
لە زەوییەکی ڕاست.

١١ ئەی یەزدان، لەبەر ناوی خۆت بمژێینەوە،
بە ڕاستودروستی خۆت گیانم لە تەنگانە
دەربهێنە.
١٢ بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دوژمنانم
دەمکوت بکە،
هەموو ئەوانە لەناوببە کە تەنگم پێ
هەڵدەچنن،
چونکە من خزمەتکاری تۆم.

[a] ٦ لە دەقی عیبری لێرە وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.

## زەبووری ١٤٤

**زەبوورێکی داود.**

١ ستایش بۆ یەزدان، تاشەبەردی من،
ئەوەی مەشق بە دەستم دەکات بۆ شەڕ،
پەنجەکانم بۆ جەنگ.
٢ ئەو خودای خۆشەویستم و قەڵامە،
پەناگا و دەربازکەرە بۆم،
قەڵغانمە و پشتم بەو بەستووە،
ئەوەی گەلەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفم.

٣ ئەی یەزدان، مرۆڤ چییە هەتا گرنگی پێبدەیت؟
کوڕی مرۆڤ چییە هەتا تۆ بیری لێ بکەیتەوە؟
٤ مرۆڤ لە هەناسەیەك دەکات،
ڕۆژگاریشی وەك سێبەرێکی تێپەڕیوە.

٥ ئەی یەزدان، ئاسمانەکەت لێکبکەوە و وەرە
خوارەوە،
دەست بدە چیاکان و دووکەڵ دەکەن.
٦ چەخماخە بدە و دوژمنەکانم پەرت بکە،
تیرت تێگرە و بیانبەزێنە.
٧ لە بەرزاییەوە دەستت درێژ بکە،
فریام بکەوە و دەربازم بکە،
لە ئاوی زۆر و لە دەستی بێگانە،
٨ ئەوانەی بە دەم درۆ دەکەن،
سوێندخواردنیان ساختەیە.

٩ ئەی خودایە، گۆرانییەکی نوێت بۆ دەڵێم،
بە قیسارەی دە ژێیی مۆسیقات بۆ دەژەنم،
١٠ بۆ ئەوەی ڕزگاری دەدات بە پاشایان،
ئەوەی داودی بەندەی خۆی لە شمشێری
بەدکار دەرباز دەکات.

١١ دەربازم بکە و لە دەست بێگانە فریام بکەوە،
ئەوانەی بە دەم درۆ دەکەن،
سوێندخواردنیشیان ساختەیە.

١٢ ئەوسا کوڕەکانمان لە سەردەمی لاوێتییان
وەك نەمامی گەشەکردوو بن،
کچەکانمان وەك ستونی داتاشراوی
گۆشەی کۆشك بن.
١٣ ئەمبارەکانمان پڕ بن
لە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەك،
مەڕەکانمان یەکە و هەزار و
بە دەیان هەزار بن لەناو کێڵگەکانمان،
١٤ گامان باری قورس ڕابکێشیت.
بێ شکانی شوورا و بێ ڕاپێچکردن،
شەقامەکانمان هاواری تەنگانەیان لێ نەیێت!
١٥ خۆزگە دەخوازرێ بەو گەلەی ئاوای بۆ ببێت،
خۆزگە دەخوازرێ بەو گەلەی یەزدان خودایانە.

## زەبووری ١٤٥

**ستایشێکی داود.**

١ بەرزت دەکەمەوە، ئەی خودایە، ئەی پاشا،
هەتاهەتایە ستایشی ناوت دەکەم.
٢ هەموو ڕۆژێك ستایشت دەکەم،
هەتاهەتایە ستایشی ناوت دەکەم.

٣ یەزدان مەزنە و شایانی ستایشێکی زۆرە،
مەزنایەتی لە سەرووی تێگەیشتنە.
٤ هەموو نەوەیەك بۆ نەوەی دوای خۆی شایەتی
بۆ کارەکانت دەدات،
پاڵەوانێتی تۆ ڕادەگەیەنن.
٥ دەربارەی پایەبەرزی شکۆی پاشایەتیت دەدوێن،
هەروەها من لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانت ورد
دەبمەوە.
٦ دەربارەی هێزی کردەوە سامناکەکانت دەدوێن،
منیش مەزنیت ڕادەگەیەنم.
٧ یادی زۆری چاکەی تۆ هەڵدەڕێژن،
گۆرانی بەسەر ڕاستودروستیتدا دەڵێن.

٨ یەزدان میهرەبان و بە بەزەییە،
پشوودرێژە و پڕە لە خۆشەویستی نەگۆڕ.

٩ یەزدان بۆ هەمووان چاکە،

بەزەییەکەی بۆ هەموو ئەوانەیە کە دروستی
کردوون.
١٠ ئەی یەزدان، هەموو ئەوانەی دروستت کردوون
ستایشت دەکەن،
خۆشەویستانت ستایشت دەکەن.
١١ دەربارەی شکۆمەندی شانشینەکەت دەدوێن،
باسی پاڵەوانییێتی تۆ دەکەن،
١٢ تاکو پاڵەوانییێتیت لەلای هەموو ئادەمیزادێك
زانراو بێت،
هەروەها پایەبەرزی شکۆی شانشینەکەت.
١٣ شانشینەکەت شانشینی هەموو سەردەمێکە،
فەرمانڕەوایەتیشت بەسەر هەموو
نەوەکانەوەیە.

یەزدان لە هەموو بەڵێنەکانی دڵسۆزە،
خۆشەویستییەکەی بۆ هەموو ئەوانەیە کە
دروستی کردوون.
١٤ یەزدان پشتگیرە بۆ هەموو کەوتووەکان،
ڕاستکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی
چەماونەتەوە.
١٥ چاوی هەمووان هیوای بە تۆیە،
تۆش لە کاتی خۆیدا خواردنیان دەدەیتێ.
١٦ دەستت دەکەیتەوە و
ئارەزووی هەموو زیندوویێك تێر دەکەیت.

١٧ یەزدان لە هەموو ڕێگاکانی ڕاستودروستە،
خۆشەویستییەکەی بۆ هەموو ئەوانەیە کە
دروستی کردوون.
١٨ یەزدان نزیکە لە هەموو ئەوانەی لێی
دەپاڕێنەوە،
لە هەموو ئەوانەی بە ڕاستییەوە لێی
دەپاڕێنەوە.
١٩ ئارەزووی هەموو ئەوانە بەجێدەهێنێت کە لێی
دەترسن،
گوێی لە هاواریان دەبێت و ڕزگاریان دەکات.
٢٠ یەزدان هەموو ئەوانە دەپارێزێت کە خۆشیان
دەوێت،
بەڵام هەموو بەدکاران تەفروتونا دەکات.
٢١ دەمم بە ستایشی یەزدان دەدوێ،
با هەموو کەسێك ستایشی ناوی پیرۆزی بکات،
هەتاهەتایە.

## زەبووری ١٤٦

١ هەلیلویا!

ئەی گیانی من ستایشی یەزدان بکە.
٢ هەتا لە ژیاندام ستایشی یەزدان دەکەم،
هەتا ماوم مۆسیقا بۆ خودای خۆم دەژەنم.
٣ نە پشت بە میرەکان ببەستن،
نە بە ئادەمیزاد کە ڕزگارییان لەلا نییە.
٤ کە ڕۆحی دەرچوو بۆ خۆڵەکەی خۆی
دەگەڕێتەوە،
لە هەمان ڕۆژدا نەخشەکانی دەسڕێتەوە.
٥ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی کە خودای یاقوب
یارمەتیدەری بێت و
هیوای بە یەزدانی پەروەردگاری خۆی بێت،
٦ دروستکەری ئاسمان و زەوی و
دەریا و هەموو ئەوەی کە تێیاندایە،
ئەوەی هەتاهەتایە دڵسۆز دەمێنێتەوە.
٧ دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان بەڕێوە دەبات،
نان دەداتە برسییەکان.
یەزدان گیراوەکان ئازاد دەکات،
٨ یەزدان چاوی کوێرەکان دەکاتەوە،
یەزدان کەسە چەماوەکان ڕاست دەکاتەوە،
یەزدان ڕاستودروستانی خۆشدەوێت.
٩ یەزدان نامۆکان دەپارێزێت،
یارمەتی هەتیو و بێوەژنان دەدات،
بەڵام ڕێگای بەدکاران خوار دەکات.
١٠ یەزدان هەتاهەتایە پاشایەتی دەکات،
ئەی سیۆن، ئەو خودای تۆیە بۆ هەموو
نەوەکانت.

هەلیلویا.

## زەبووری ١٤٧

١ هەلیلویا!

چەندە باشە مۆسیقا ژەنین بۆ خودامان!
ستایشکردن چەندە خۆشە و شیاوە!

٢ یەزدان ئۆرشەلیم بنیاد دەنێتەوە،
ڕاپێچکراوەکانی[a] ئیسرائیل کۆدەکاتەوە.
٣ دڵشکاوان چاك دەکاتەوە و
برینیان سارێژ دەکات.
٤ ژمارەی ئەستێرەکان دیاری دەکات و
هەریەکەیان بە ناوێك بانگ دەکات.
٥ پەروەردگارمان گەورەیە و هێزی زۆرە،
تێگەیشتنی بێ سنوورە.
٦ یەزدان یارمەتی بێفیزەکان دەدات و
بەدکاران بەرەو زەوی نزم دەکاتەوە.

٧ بە سوپاسەوە گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن،
بە قیسارە مۆسیقا بۆ خودامان بژەنن.

٨ ئەوەی ئاسمان بە هەور دادەپۆشێت،
باران بۆ زەوی ئامادە دەکات،
گیا لەسەر چیاکان دەڕوێنێت،
٩ خۆراکی ئاژەڵ و
بێچووە قەلەڕەشی دەم بە قیڕە دەدات.

١٠ یەزدان بە هێزی ئەسپ خۆشحاڵ نابێت،
بە قاچی مرۆڤ دڵشاد نییە،
١١ بەڵام یەزدان بەوانە دڵشادە کە ترسی ئەویان لە دڵدایە،
ئەوانەی هیوایان بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەیە.

١٢ ئەی ئۆرشەلیم، ستایشی یەزدان بکە،
ئەی سییۆن، ستایشی خودات بکە،

١٣ یەزدان شمشێرەی[b] دەروازەکانت بەهێز دەکات،
کوڕەکانت لەناو خۆت بەرەکەتدار دەکات.
١٤ لە سنوورەکانت ئاشتی بەرقەرار دەکات،
لە باشترین گەنم تێرت دەکات.

١٥ فەرمانەکەی بۆ سەر زەوی دەنێرێت،
پەیامی ئەو زوو دێتەجێ.
١٦ بەفر وەك خوری دەبارێنێت،
زوقم وەك خۆڵەمێش بڵاو دەکاتەوە.
١٧ تەرزە وەك نانەڕەق فڕێدەدا.
کێ لە ڕووی سەرمای ئەو خۆی ڕادەگرێت؟
١٨ پەیامی خۆی دەنێرێت و دەیانتوێنێتەوە.
بای خۆی هەڵدەکات و ئاو بەڕێدەکەوێت.

١٩ پەیامی خۆی بە یاقوب ڕادەگەیەنێت،
فەرز و حوکمەکانی بە ئیسرائیل.
٢٠ ئەمەی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی دیکە نەکردووە،
حوکمەکانی ئەویان نەزانیوە.

هەلیلویا!

## زەبووری ١٤٨

١ هەلیلویا!

ستایشی یەزدان بکەن، لە ئاسمان،
لە بەرزاییەکان ستایشی بکەن.
٢ ئەی هەموو فریشتەکانی، ستایشی بکەن،
ئەی هەموو سوپاکەی، ستایشی بکەن.
٣ ئەی خۆر و مانگ، ستایشی بکەن،
ئەی هەموو ئەستێرەکانی ڕووناکی، ستایشی بکەن.
٤ ئەی بەرزترینی ئاسمان، ستایشی بکەن،
ئەی ئەو ئاوانەی لە سەرووی ئاسمانن.

٥ با ستایشی ناوی یەزدان بکەن،
چونکە فەرمانی دا و بەدیهێنران.

[a] ٢ ڕاپێچکراوەکان بۆ بابل.

[b] ١٣ شمشێر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

٦ هەتاهەتایە و هەتا ماون دەچەسپێن،
فەرزی داناوە بەسەرناچێت.

٧ لە زەوییەوە ستایشی یەزدان بکەن،
ئەی ئەژدیهاکان و قووڵایی دەریاکان،
٨ ئاگر و تەرزە، بەفر و تەم،
ڕەشەبا، کە فەرمانی ئەو بەجێدەهێنن،
٩ چیاکان و هەموو گردەکان،
داری بەردار و هەموو ئورزەکان،
١٠ گیانلەبەر و هەموو ئاژەڵ،
خشۆك و باڵدار،
١١ پاشاکانی زەوی و هەموو نەتەوەکان،
میرەکان و هەموو ڕابەرانی زەوی،
١٢ گەنجان و کچان،
پیران و منداڵان.

١٣ با هەموو ستایشی ناوی یەزدان بکەن،
چونکە تەنها ناوی ئەو بەرزە،
شکۆمەندی ئەو لە سەرووی زەوی و ئاسمانە.
١٤ پیاوی بەهێزی بە گەلی خۆی بەخشیوە،
تاکو هەموو خۆشەویستانی ستایشی بکەن،
نەوەی ئیسرائیل، ئەو گەلەی کە لێیەوە نزیکن.

هەلیلویا.

## زەبووری ١٤٩

١ هەلیلویا!

گۆرانییەکی نوێ بۆ یەزدان بڵێن،
ستایشی لەناو کۆڕی خۆشەویستانیەتی.

٢ با ئیسرائیل بە دروستکەری دڵخۆش بێت،
با کوڕانی سییۆن بە پاشایان شاد بن.
٣ با بە هەڵپەڕکێ ستایشی ناوی بکەن،
بە دەف و قیسارە مۆسیقای بۆ بژەنن،
٤ چونکە یەزدان دڵشادە بە گەلەکەی،
بێفیزەکان بە ڕزگاری دەڕازێنێتەوە.
٥ با خۆشەویستانی بەم شکۆمەندییەوە شاد بن،
با لەناو نوێنەکانیان گۆرانی بڵێن.

٦ با ستایشکردن بۆ خودا لەسەر زاریان بێت،
شمشێری دوودەمیان بەدەستەوە بێت،
٧ هەتا تۆڵە لە نەتەوەکان بکەنەوە،
گەلان سزا بدەن،
٨ هەتا پاشاکانیان بە زنجیر ببەستنەوە،
کۆت بکەنە دەستی پیاوماقوڵانیان،
٩ هەتا حوکمی نووسراویان بەسەردا جێبەجێ
بکەن.
ئەمەش شکۆمەندییە بۆ هەموو
خۆشەویستانی.

هەلیلویا.

## زەبووری ١٥٠

١ هەلیلویا!

ستایشی خودا بکەن، لە پیرۆزگاکەی،
ستایشی بکەن، لە گەردوونی هێزی،
٢ ستایشی بکەن، بۆ پاڵەوانییێتی،
ستایشی بکەن، بەپێی زۆری مەزنایەتی،
٣ بە دەم دەنگی کەڕەناوە ستایشی بکەن،
بە دەم ساز و قیسارەوە ستایشی بکەن،
٤ بە دەف و هەڵپەڕکێ ستایشی بکەن،
بە ئامێری ژێدار و شمشاڵ ستایشی بکەن،
٥ بە سەنجی بیستراو ستایشی بکەن،
بە سەنجی دەنگ بەرز ستایشی بکەن!

٦ با هەموو ئەوەی هەناسە دەدات ستایشی
یەزدان بکات!

هەلیلویا.

# پەندەکانی سلێمان

**کورتە باسێك**

**بناغەی زانیاری لەخواترسییە.**

حەزرەتی سلێمان میراتگری تەختی شاهانەی داودی باوکی بوو، لە نزیکەی سەدەی دەیەمی پێش زایین. هەر لە سەرەتای حوکمڕانییەکەیەوە درکی بە پێویستی دانایی کرد لە فەرمانڕەوایەتیکردنی گەل. هەر لەبەر ئەوە کاتێك خودا پێی فەرمووو چیت پێ ببەخشم (بڕوانە یەکەم پاشایان ۱:۳-۱۵)، ئەو لە جیاتی ڕۆژگاری درێژی تەخت و تاجەکەی تەنها دانایی هەڵبژارد و بە پەرۆشەوە داوای کرد، چونکە درکی بەوە کردووە کە دانایی کلیلی سەرکەوتنە لە هەموو لایەنەکانی ژیان. سەرەتای دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی دانایی لە حەزرەتی سلێماندا لەو چیرۆکەوە دەستپێدەکات کاتێك دوو ژنی لەشفرۆش لە یەك ماڵ پێکەوە منداڵیان دەبێت، هی یەکێکیان دەمرێت، هەردووکیان لەسەر منداڵە زیندووەکە دەبێتە مشتومڕیان کە هی کامیانە. کاتێك ژنەکان بۆ دادوەری دێنە بەردەم سلێمان پاشا، ئەمیش زۆر بە زرنگی و داناییەوە دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکە دەسەلمێنێت (بڕوانە یەکەم پاشایان ۱٦:۳-۲۸).

پەڕتووکی پەندەکان زیاتر ئاراستەی گەنجان کراوە و فێریان دەکات کە چۆن تێگەیشتوو و دادپەروەر و سادە بن، کەڵك لە ڕاوێژ وەربگرن، گەنجان فێری ژیانی هاوسەرداری و داوێنپاکی و وەفاداری دەکات، هەروەها بە گشتی باسی ئەم بابەتانە دەکات: ئامۆژگاریکردنی منداڵ، دادی کۆمەڵایەتی، قسەی نەزانان، سامان. لە کۆتایی پەڕتووکەکە باسی ئافرەتی کردووە و ڕۆڵی کاریگەری ئافرەت لەسەر ژیانی خێزان دەردەخات.

بەشی هەرەزۆری ئەم پەڕتووکە حەزرەتی سلێمان نووسیویەتی و چەند پەندێکیش لەلایەن ئاگور و لەموئێل نووسراوە. ئەم پەڕتووکە پیرۆزی ژیانی مرۆڤ پیشان دەدات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو شتێکی سەرکەوتوو لە ژیان نیشانەی گرنگیدانی خودا و ڕەخساندنی دەرفەتی سەرکەوتنە.

## پێشەکی: ئامانج و بابەت

**۱** پەندەکانی سلێمانی کوڕی داود، پاشای ئیسرائیل،

۲ بۆ زانینی دانایی و تەمبێکردن،
بۆ پەیبردن بە وشەکانی تێگەیشتن،
۳ بۆ وەرگرتنی تەمبێکردن و وریایی،
ڕاستودروستی و دادپەروەری و ڕاستەڕێیی،
٤ بۆ بەخشینی ژیری بە ساویلکە،
بە لاویش زانیاری و سەلیقە[a].
٥ دانا گوێی لێ دەگرێت و فێربوونی زیاد دەبێت،
تێگەیشتووش ڕاوێژی باشی دەست دەکەوێت،
٦ بۆ تێگەیشتنی پەند و نموونە،
قسەی دانایان و مەتەڵەکانیان.

۷ بناغەی زانیاری لەخواترسییە،
بەڵام گێلەکان سووکایەتی بە دانایی و تەمبێکردن دەکەن.

## هاندان بۆ دەستگرتن بە دانایی

### ئاگادارکردنەوە لە دژی فریودان

۸ ڕۆڵە، گوێ لە تەمبێکردنی باوکت بگرە و
فێرکردنی دایکت پشتگوێ مەخە،
۹ چونکە تاجەگوڵینەی نیعمەتن بۆ سەرت،
گەردانەن بۆ ملت.

۱۰ ڕۆڵە، ئەگەر گوناهباران فریویان دایت،
ڕازی مەبە.

---

[a] ٤ سەلیقە: کارکردن بە لێکدانەوە و ئارامی. هەروەها ڕازگری و پاراستنی نهێنی.

١١ ئەگەر گوتیان: «لەگەڵمان وەرە،
بۆسە بۆ خوێنڕشتن بنێینەوە،
بەبێ هۆ بۆ بێتاوانێك خۆمان مات بکەین،
١٢ وەك جیهانی مردووان بە زیندوویێتی
هەڵیانلووشین و
بە ساغی وەك ئەوانەی لە گۆڕ دەنرێن.
١٣ هەموو گەنجینەیەکی بەهادار دەدۆزینەوە و
ماڵمان پڕ دەکەین لە دەستکەوت.
١٤ پشکی خۆت هەڵبدە ناومان،
بە هەموومان یەك کیسەمان دەبێت.»
١٥ ڕۆڵە، لەگەڵیان بە ڕێگادا مەڕۆ،
پێیەکانت قەدەغە بکە لە ڕێڕەوەکانیان.
١٦ چونکە پێیەکانیان بەرەو خراپە ڕادەکەن،
بۆ خوێنڕشتن پەلە دەکەن.
١٧ چونکە بێ سوودە دانانەوەی تۆڕ
لەبەرچاوی هەموو باڵدارێك.
١٨ بۆ خوێنی خۆیان بۆسەیان ناوەتەوە،
خۆیان ماتداوە بۆ گیانی خۆیان.
١٩ ئاوایە ڕێچکەی هەموو ئەوانەی بەدوای
دەستکەوتی ناڕەواوەن،
سەری خاوەنی دەخوات.

## ئاگادارکردنەوە لە ڕەتکردنەوەی دانایی

٢٠ دانایی لە کۆڵان هاوار دەکات،
لە گۆڕەپانەکان دەنگ بەرز دەکاتەوە،
٢١ لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا بانگ دەکات،
لە دەروازەی شارەکاندا قسەی خۆی دەکات:

٢٢ «هەتا کەی ئەی ساویلکەکان حەز لە ساویلکەیی
دەکەن؟
هەتا کەی گاڵتەجاڕان بە گاڵتەکردن دڵخۆش
دەبن،
گێلەکانیش ڕقیان لە زانیاری دەبێتەوە؟
٢٣ کە سەرزەنشتم کردن بگەڕێنەوە،
ئینجا ڕۆحی خۆمتان بەسەردا دەڕێژم،
وشەکانی خۆمتان پێ دەناسێنم.
٢٤ چونکە بانگهێشتم کردن، ڕەتتان کردەوە،
دەستم درێژکرد، کەس گوێی پێنەدا،
٢٥ هەموو ڕاوێژێکی منتان پشتگوێ خست،
سەرزەنشتی منتان وەرنەگرت،
٢٦ جا منیش لە کارەساتتان پێدەکەنم.
گاڵتە دەکەم کە ترستان لێ نیشت،
٢٧ کە ترستان وەك گەردەلوول لێ نیشت و
وێرانیتان وەك ڕەشەبا هاتە سەر و
تەنگانە و ناخۆشی بەسەرتانی دادا.

٢٨ «ئینجا بانگم دەکەن، بەڵام من وەڵام نادەمەوە،
بە پەرۆشییەوە بەدوامدا دەگەڕێن بەڵام
نامدۆزنەوە.
٢٩ لەبەر ئەوەی ڕقیان لە زانیاری بووەوە،
لەخواترسییان هەڵنەبژارد،
٣٠ لەبەر ئەوەی ڕاوێژی منیان وەرنەگرت،
بە سووکییەوە تەماشای هەموو
سەرزەنشتەکانی منیان کرد،
٣١ بۆیە لە بەری ڕێگای خۆیان دەخۆن،
لە پیلانەکانیان تێر دەبن،
٣٢ چونکە هەڵگەڕانەوەی ساویلکەکان دەیانکوژێت،
بێباکی گێلەکان لەناویان دەبات.
٣٣ بەڵام ئەوەی گوێ لە من بگرێت بە ئاسوودەیی
نیشتەجێ دەبێت،
لە ترسی خراپە دەحەسێتەوە.»

## سوودی دانایی

٢ ڕۆڵە، ئەگەر قسەکانم وەربگریت،
فەرمانەکانم لەلای خۆت هەڵبگریت،
٢ هەتا گوێ بدەیتە دانایی و
دڵت بدەیتە تێگەیشتن،
٣ ئەگەر بانگی پەیبردن بکەیت و
دەنگ بۆ تێگەیشتن هەڵبڕیت،
٤ ئەگەر وەك زیو داوات کرد و
وەك خشڵی شاردراوە بەدوایدا گەڕایت،
٥ ئەوسا لە واتای لەخواترسی دەگەیت و
ناسینی خودا دەدۆزیتەوە.
٦ چونکە یەزدان دانایی دەبەخشێت،

زانیاری و تێگەیشتنیش لە دەمی ئەوە.
٧ دانایی تەواو بۆ سەرڕاستەکان هەڵدەگرێت و
قەڵغانە بۆ ئەوانەی ڕێگای تەواوەتی
دەگرنەبەر،
٨ بۆ چاودێری ڕێچکەی دادپەروەری و
پاراستنی ڕێگای خۆشەویستانی.

٩ ئینجا ڕاستودروستی و دادپەروەری و ڕاستەڕێیی
تێدەگەیت،
هەموو ڕێڕەوێکی چاک.
١٠ چونکە دانایی دێتە ناو دڵتەوە و
زانیاریش دەبێتە خۆشی دەروونت.
١١ سەلیقە دەتپارێزێت و
تێگەیشتن چاودێریت دەکات.

١٢ بۆ فریاکەوتنت لە ڕێگای خراپە و
لەو کەسەی قسەی خوار دەکات،
١٣ ئەوانەی ڕێچکەی ڕاستیان بەرداوە
تاکو بە ڕێگای تاریکیدا بڕۆن،
١٤ ئەوانەی دڵخۆشن بە خراپەکردن،
دڵشاد دەبن بە خواروخێچییێتی خراپە،
١٥ ئەوانەی ڕێچکەکانیان چەوتن،
گەوجن لە ڕێڕەویان.

١٦ هەروەها بۆ فریاکەوتنتە لە ژنی بەدڕەوشت،
لە ژنی داوێنپیسی زمانلووس،
١٧ ئەوەی وازی لە مێردی گەنجییەتی هێناوە و
پەیمانەکەی لەبەردەم خودای لەبیر کردووە.
١٨ چونکە ماڵەکەی بەرەو خوارەوە دەچێت بۆ
مردن و
ڕێڕەوەکانی بەرەو دنیای مردووانە.
١٩ هەموو ئەوانەی بچنە لای ناگەڕێنەوە و
ناگەنە ڕێچکەی ژیان.

٢٠ کەواتە بە ڕێگای پیاوچاکاندا بڕۆ و
ڕێچکەی ڕاستودروستان بپارێزە.
٢١ چونکە سەرڕاستان لەسەر زەوی[a] نیشتەجێ
دەبن و
تەواوەکان تێیدا دەمێننەوە.
٢٢ بەڵام خراپەکاران لەسەر زەوی دەبڕێنەوە و
ناپاکانیش تێیدا ڕیشەکێش دەکرێن.

٣ ڕۆڵە، فێرکردنەکەم لەبیر مەکە،
فەرمانەکانم لەناو دڵتدا هەڵبگرە.
٢ چونکە ڕۆژگاری درێژ و
ساڵانی ژیان و ئاشتیت بۆ زیاد دەکات.

٣ با خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی لێت جیا
نەبنەوە،
بە ملتەوە گرێیان بدە،
لەسەر پەڕەی دڵت بیاننووسە.
٤ ئینجا پەسەندی و نازناوی چاك بەدەستدەهێنیت
لەلای خودا و خەڵك.

٥ بە پڕ بەدڵ پشت بە یەزدان ببەستە و
بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە.
٦ لە هەموو ڕێگاکانت بیناسە،
ئەویش ڕێچکەکانت ڕاست دەکات.

٧ لەبەرچاوی خۆت، خۆت بە دانا مەزانە،
لە یەزدان بترسە و لە بەدکاری بەدووربە.
٨ دەبێتە تەندروستی بۆ لەشت و
ئاودانە بۆ ئێسقانەکانت.

٩ بە سامانت ڕێزی یەزدان بگرە،
بە یەکەمین بەرهەمی هەموو خەرمانەکانت.
١٠ ئەمبارەکەت پڕ دەبێت هەتا تێری،
قەڕابەکەت سەرڕێژ دەبێت لە شەرابی نوێ.

١١ ڕۆڵەکەم، بە سووکی تەماشای تەمبێکردنی
یەزدان مەکە،
ڕقت لە سەرزەنشتی ئەو نەبێتەوە،
١٢ چونکە ئەوەی یەزدان خۆشیبووێ تەمبێی دەکات
و
وەك باوکێك بە کوڕ دڵخۆش دەبێت.

[a] ٢١ مەبەستی خاکی بەڵێنپێدراوە بە ئیبراهیم.

١٣ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی دانایی
دەدۆزێتەوە و
بەو کەسەی تێگەیشتن بەدەستدەهێنێت،
١٤ چونکە قازانجی لە قازانجی زیو باشترە و
بەرهەمیشی لە زێڕ.
١٥ لە یاقووت بەهادارترە و
هەرچی ئارەزووی دەکەیت نابێتە هاوتای.
١٦ تەمەنی درێژ لە دەستی ڕاستیدایە و
دەوڵەمەندی و ڕێزیش لە دەستی چەپی.
١٧ ڕێگاکانی ڕێگای خۆشحاڵین و
هەموو ڕێڕەوەکانی ئاشتین.
١٨ درەختی ژیانە بۆ ئەوانەی خۆیان پێوە گرتووە،
خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی پێی پابەند دەبن.

١٩ یەزدان بە دانایی زەوی دامەزراند،
بە تێگەیشتنیش ئاسمانی چەسپاند.
٢٠ بە زانیاری ئەو قووڵاییەکان شەقبوون،
هەورەکان شەونمیان دڵۆپاند.

٢١ ڕۆڵە، دەست بە دانایی تەواو و سەلیقەوە بگرە،
ئەمانە لەبەرچاوت دوورنەکەونەوە،
٢٢ دەبنە ژیان بۆ تۆ،
ملوانکە بۆ جوانی گەردنت.
٢٣ ئەوسا بە ئاسوودەیی بە ڕێگای خۆتدا دەڕۆیت و
ساتمە ناکەیت و ناکەویت.
٢٤ کاتێك ڕادەکشێیت بێ ترسیت،
ڕادەکشێیت و خەوت خۆش دەبێت.
٢٥ نە لە بەڵای کتوپڕ دەترسیت و
نە لە ماڵی بەدکاران کە وێران دەبێت،
٢٦ چونکە یەزدان دەبێتە پشتیوانت و
پێت لە پێوەبوون دەپارێزێت.

٢٧ دەستی چاکە مەگرەوە لەوانەی شایستەی
چاکەن،
کاتێك لە تواناتدایە بیکەیت.
٢٨ بە کەس[a] مەڵێ:
«بڕۆ، دواتر وەرەوە، بەیانی دەتدەمێ،»
لە کاتێکدا ئەو شتەت پێیە.
٢٩ پیلانی خراپ لە دژی دراوسێکەت مەگێڕە،
لە کاتێکدا ئەو بە دڵنیاییەوە لەلات جێنشین
بووە.
٣٠ لەخۆڕایی دژایەتی کەسێك مەکە،
ئەگەر خراپەی لەگەڵتدا نەکرد.

٣١ بەغیلی بە پیاوی ستەمکار مەبە،
هیچ ڕێگایەکی ئەو هەڵمەبژێرە،
٣٢ چونکە لەلای یەزدان مرۆڤی قەڵپ قێزەونە،
بەڵام نهێنی خۆی لەلای سەرڕاستانە.
٣٣ نەفرەتی یەزدان لەسەر ماڵی بەدکارە،
بەڵام ماڵی ڕاستودروستان بەرەکەتدار دەکات.
٣٤ هەرچەندە گاڵتە بە گاڵتەجاڕان دەکات،
بەڵام نیعمەت دەداتە بێفیزەکان.
٣٥ داناکان ڕێزداری بە میرات دەگرن،
بەڵام گێلەکان شەرمەزاری هەڵدەگرن.

## دەستپێکی دانایی

٤ ئەی کوڕینە، گوێ لە تەمبێکردنی باوك بگرن،
سەرنج بدەن بۆ زانینی تێگەیشتن.
٢ چونکە فێربوونی چاکتان پێدەدەم،
فێرکردنی من پشتگوێ مەخەن.
٣ کاتێك کوڕی باوکم بووم،
ناسك و تاقانە لەلای دایکم،
٤ نیشانی دەدام و پێی دەگوتم:
«با دڵت لەسەر قسەی من بێت،
ئەگەر فەرمانەکانم بپارێزیت، دەژیت.
٥ دانایی بەدەستبهێنە، تێگەیشتن بەدەستبهێنە،
لەبیر مەکە و لە قسەکانی دەمم لامەدە.
٦ وازی لێ مەهێنە، دەتپارێزێت،

[a] ٢٨ کەس: لە زمانی عیبری ئەم وشەیە بەم واتایانە دێت: (نزیکەکەت، برادەر، دراوسێ، هاوکار، هاوڕێ، هاوڵاتی). بڕوانە دواوتار ٢:١٥ و لۆقا ١٠:٢٩.

خۆشتبوویت، چاودێریت دەکات.
٧ دەستپێکی دانایی: دانایی بەدەستبهێنە،
بە هەموو دەستکەوتەکانت، تێگەیشتن
بەدەستبهێنە.
٨ ڕێزی بگرە، بەرزت دەکاتەوە،
لە ئامێزی بگرە، شکۆدارت دەکات.
٩ تاجەگوڵینەی نیعمەت دەخاتە سەرت،
تاجی شکۆمەندیت پێ دەبەخشێت.»

١٠ ڕۆڵە، گوێ بگرە و قسەکانم وەربگرە،
جا تەمەنت درێژ دەبێت.
١١ ڕێگای داناییم پیشاندایت،
بۆ ڕێڕەوە ڕاستەکان ڕێنماییم کردیت.
١٢ لە ڕۆیشتندا هەنگاوت کورت نابێت،
لە ڕاکردنیشدا پێت هەڵناکەوێت.
١٣ دەست بە تەمبێکردنەوە بگرە[a] و دەست شل
مەکە،
بیپارێزە، چونکە ژیانتە.
١٤ مەچووە سەر ڕێگەی بەدکاران،
بە ڕێگای خراپەکاراندا مەڕۆ.
١٥ خۆتی لێ لابدە و پێیدا مەڕۆ،
لێی دووربکەوە و تێپەڕە.
١٦ چونکە خەویان لێ ناکەوێت ئەگەر خراپە
نەکەن،
خەویان دەزڕێت ئەگەر یەکێك نەخەن.
١٧ چونکە نانی خراپە دەخۆن و
شەرابی ستەمکاری دەخۆنەوە.

١٨ ڕێچکەی ڕاستودروستان وەك ڕووناکی
بەرەبەیانە،
ڕووناکتر و ڕووناکتر دەبێت هەتا دەبێتە ڕۆژی
تەواو.
١٩ بەڵام ڕێگای بەدکاران وەك تاریکستانە،
نازانن پێیان لە چی هەڵدەکەوێت.

٢٠ ڕۆڵە، سەرنج بدە وشەکانم،
گوێ بۆ قسەکانم شل بکە.
٢١ لەبەرچاوت دوورنەکەونەوە،
لە ناخی دڵت بیانپارێزە،
٢٢ چونکە ژیانن بۆ ئەو کەسەی دەیاندۆزێتەوە،
دەرمانە بۆ هەموو لەشی.
٢٣ لە سەرووی هەموو چاودێرییەکەوە دڵت بپارێزە،
چونکە دڵ سەرچاوەی ژیانە.
٢٤ خواری لە دەمت داماڵە و
چەوتی لە لێوانت دووربخەوە.
٢٥ با چاوەکانت تەماشای پێشت بکەن و
پێڵووەکانت ڕێك بۆ بەردەمت بێت.
٢٦ ڕێڕەوی بەرپێت خۆش بکە،
هەموو ڕێگاکانت دەچەسپێن.
٢٧ بەلای ڕاست یان چەپدا لامەدە،
پێت لە خراپە دووربخەوە.

## ٥

ڕۆڵە، سەرنج بدە داناییم،
گوێ بۆ تێگەیشتنم شل بکە،
٢ تاکو سەلیقەت بپارێزیت و
لێوەکانت ئاگایان لە زانیاری بێت.
٣ چونکە لێوەکانی ژنی داوێنپیس هەنگوینیان لێ
دەتکێت،
قسەی لە ڕۆن لووسترە.
٤ بەڵام کۆتاییەکەی وەك زەقنەبووت تاڵە،
وەك شمشێری دوو دەم تیژە.
٥ پێیەکانی بەرەو خوار دەبنەوە بۆ مردن،
هەنگاوەکانی پەیوەستن بە جیهانی
مردووانەوە.
٦ سەرنج ناداتە ڕێچکەی ژیان،
هەنگاوەکانی خوارە بەڵام ئەو نازانێت.

٧ ئەی کوڕینە، ئێستاش گوێم لێ بگرن،
لە قسەی دەمم خۆتان لامەدەن.
٨ ڕێگای خۆتی لێ دووربخەوە،
لە دەرگای ماڵەکەی نزیك مەبەوە،
٩ نەوەك شکۆمەندیت بە خەڵکی دیکە بدەیت و
ساڵانی تەمەنت بە کەسی دڵڕەق،
١٠ نەوەك بێگانەکان لە توانات تێر بن و
بەری ماندووبوونت بۆ ماڵی نامۆیەك بڕوات.

[a] ١٣ بە تەمبێکردن ڕازی بە.

١١ لە کۆتاییتدا دەناڵێنیت،
کاتێك گۆشت و جەستەت لەناودەچێت.
١٢ دەڵێیت: «چۆن ڕقم لە تەمبێکردن دەبووەوە،
دڵم گاڵتەی بە سەرزەنشت دەهات.
١٣ گوێڕایەڵی ئەوانە نەبووم کە ڕێنماییان دەکردم و
گوێم بۆ مامۆستاکانم شل نەکرد.
١٤ کەمێکی مابوو بکەومە ناو هەموو خراپەیەکەوە،
لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا.»

١٥ لە ئەمباراوی خۆت ئاو بخۆوە،
لە ئاوی هەڵقوڵاوی بیرەکەت.
١٦ ئایا کانییەکانت بڕژێتە سەر شەقامەکان،
جۆگەی ئاو بێت لە گۆڕەپانەکان؟
١٧ با تەنها بۆ تۆ بێت،
بێگانەت لەگەڵدا نەبێت.
١٨ با کانیاوەکەت بەرەکەتدار بێت،
بە هاوسەری گەنجییەتیت دڵخۆش بە.
١٩ ئاسکێکی خۆشەویست و مامزێکی شۆخ و
شەنگ،
با هەموو کاتێك مەمکەکانی تێرت بکەن،
بە خۆشەویستی ئەو هەمیشە وێڵ بیت.
٢٠ کوڕی خۆم، ئیتر بۆچی وێڵی ژنی بەدڕەوشت
دەبیت؟
بۆچی ژنی داوێنپیس لە باوەش دەگریت؟

٢١ چونکە ڕێگاکانی مرۆڤ لەبەرچاوی یەزدانە،
هەموو ڕێڕەوەکانی هەڵدەسەنگێنێت.
٢٢ بەدکار بە تاوانەکانی خۆیەوە پێوەبوو،
بە داوی گوناهەکانی خۆیەوە دەبێت.
٢٣ لەبەر نەبوونی تەمبێکردن دەمرێت،
لەبەر زۆری دەبەنگییەکەی سەرگەردان
دەبێت.

٦ ڕۆڵە، ئەگەر بووی بە کەفیلی دراوسێکەت،
ئەگەر لەگەڵ بێگانەیەك تەوقەت کرد[a]،
٢ ئەگەر بە داوی قسەکانی دەمتەوە بوویت،
بە قسەی دەمی خۆت پێوە بوویت،
٣ ڕۆڵە، ئەمە بکە و فریای خۆت بکەوە،
چونکە ژێردەستەی دراوسێکەت بوویت،
بڕۆ، خۆت نزم بکەرەوە و لە هاوڕێکەت
بپاڕێوە.
٤ خەو مەدە چاوەکانت و
پێڵووەکانت خەواڵوو نەبن.
٥ وەك مامز خۆت لەناو دەست دەرباز بکە،
وەك چۆلەکە لە دەستی ڕاوچی.

٦ ئەی تەمبەڵ، بڕۆ لای مێروولە،
بڕوانە ڕێگاکانی و ببە بە دانا.
٧ بێ ئەوەی پێشەوا و
کوێخا و فەرمانڕەوای هەبێت،
٨ بەڵام لە هاویندا نانی خۆی ئەمبار دەکات و
لە کاتی دروێنەدا خۆراکی خۆی کۆدەکاتەوە.

٩ ئەی تەمبەڵ، هەتا کەی پاڵدەدەیتەوە؟
کەی لە خەوەکەت هەڵدەستی؟
١٠ کەمێك خەوتن، کەمێك خەواڵووبوون،
کەمێکیش دەست تێکنان بۆ ڕاکشان،
١١ ئینجا هەژاریت وەك چەتە دێت،
نەبوونیشت وەك چەکدار.

١٢ کەسی هیچوپووچ، پیاوی چەواشەکار،
بە زمان خواری ڕەفتار دەکات،
١٣ چاوی دەقوچێنێت و
بەپێی ئاماژە دەکات و
بە پەنجە دەریدەبڕێت،
١٤ فێڵ لە دڵیدایە،
خراپە دادەهێنێت،
هەموو کاتێك ناکۆکی دەوروژێنێت.
١٥ لەبەر ئەوە لەپڕ لێی دەقەومێت،
لەناکاو دەشکێت و چارەسەری نییە.

١٦ شەش شت هەن یەزدان ڕقی لێیانە،
حەوتیش[b] قێزەونە لەلای:

[a] ١ تەوقەکردن بە مەبەستی ڕێککەوتن بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەك.

[b] ١٦ دەربڕینێکی عیبرییە بۆ دووپاتکردنەوە بۆ ژمارە حەوت.

١٧ چاوی بەفیز،
زمانی درۆزن،
دەستێك كە خوێنی بێتاوانی ڕشتبێت،
١٨ دڵێك پیلانی خراپ دابهێنێت،
پێیەك بە پەلە بەرەو خراپەكاری ڕابكات،
١٩ شایەتی درۆزن درۆ بڵاو بكاتەوە و
وروژێنەری ناكۆكی نێوان برایان.

## ئاگاداركردنەوە لە داوێنپیسی

٢٠ ڕۆڵە، ڕاسپاردەكانی باوكت بەجێبگەیەنە و
فێركردنەكانی دایكت پشتگوێ مەخە.
٢١ هەمیشە بە دڵتەوە گرێیان بدە و
بە گەردنی خۆتەوە هەڵیانواسە.
٢٢ لە هاتوچۆكردنتدا ڕێنماییت دەكەن،
لە ڕاكشانت چاودێریت دەكەن و
كە خەبەریشت بووەوە دەتدوێنن.
٢٣ چونكە ئەم ڕاسپاردانە چران و
ئەم فێركردنەش ڕووناكییە،
سەرزەنشتی تەمبێكردنیش ڕێگای ژیانە،
٢٤ بۆ ئەوەی لە ژنی بەدڕەوشت بتپارێزێت،
لە زمانلووسی داوێنپیس.

٢٥ لە دڵەوە ئارەزووی جوانییەكەی مەكە،
با بە برژانگەكانی نەتبات،
٢٦ چونكە ژنی لەشفرۆش وا دەكات پێویستیت بە
نانێك بێت،
بەڵام ژنی بەمێرد گیانی گرانبەهات ڕاودەكات.
٢٧ ئایا كەس دەتوانێت ئاگر لە باوەش بگرێت و
جلەكانی نەسووتێت؟
٢٨ یان بەسەر پشكۆدا بڕوات و
پێیەكانی داغ نەبێت؟
٢٩ ئاوایە ئەوەی بچێتە لای ژنی كەسێكی دیكە،
هەركەسێك دەستی لێ بدات بێ سزا نابێت.

٣٠ سووكایەتی بە دز ناكرێت كە دزی دەكات
بۆ خۆتێركردن كاتێك كە برسییە.
٣١ هەرچەندە كە لێی ئاشكرا بوو دەبێت حەوت
قات بداتەوە،
ئەگەر هەموو ماڵی خۆشی لەسەر دانابێت.
٣٢ بەڵام ئەوەی داوێنپیسی لەگەڵ ژنێك بكات
تێنەگەیشتووە،
هەركەسێك وا بكات خۆی دەفەوتێنێت.
٣٣ تووشی لێدان و سەرشۆڕی دەبێت و
شەرمەزارییەكەی ناسڕێتەوە،

٣٤ چونكە ئیرەیی پیاو دەوروژێنێت،
لە ڕۆژی تۆڵەدا دەست ناگێڕێتەوە،
٣٥ چاوی لە هیچ قەرەبوویەك نییە،
بە دیاری ڕازی نابێت، ئەگەر بۆشی زیاد
بكەیت.

## ئاگاداركردنەوە لە ژنی داوێنپیس

٧ ڕۆڵە، گوێڕایەڵی قسەكانم بە و
ڕاسپاردەكانم لەلای خۆت هەڵبگرە،
٢ ڕاسپاردەكانم بەجێبگەیەنە، دەژیت،
فێركردنەكانیشم وەك گلێنەی چاوت.
٣ بە پەنجەكانتەوە گرێیان بدە،
لەسەر پەڕەی دڵت بیاننووسە.
٤ بە دانایی بڵێ: «تۆ خوشكی منی.»
تێگەیشتنیش ناوبنێ خزم،
٥ بۆ ئەوەی لە ژنی بەدڕەوشت بتپارێزن،
لە ژنی داوێنپیسی زمانلووس.

٦ لە پەنجەرەی ماڵەكەمەوە
لەو دیوی كڵاوڕۆژنەكەمەوە[a] ڕوانیم،
٧ لەناو ساویلكەكاندا بینیم،
لەناو كوڕاندا سەرنجم دا گەنجێكی
تێنەگەیشتوو.
٨ لە شەقامەكە پەڕییەوە و لایدا لای ژنە
بەدڕەوشتەكە،
ڕێگای ماڵی ئەوی دەگرتەبەر،

[a] ٦ وەك پەنجەرەیە، دەلاقەیەكە بۆ هاتوچۆی هەوا و گێڕانەوەی تیشكی خۆر.

٩ لە زەردەپەڕی ئێواران کاتی ئاوابوونی خۆر،
لەژێر تاریکایی شەو.

١٠ ئەوەتا ژنێك بەرەوپیری چوو،
لە بەرگی لەشفرۆشێکی فێڵبازدا بوو.
١١ (بە دەنگەدەنگ و سەرکێشە،
پێیەکانی لەماڵی خۆی گیرنابێت.
١٢ پێیەکی لە شەقام و پێیەکی لە گۆڕەپانەکانە،
لە هەموو پەنایەك بۆسە دەنێتەوە.)
١٣ گەنجەکەی گرت و ماچی کرد،
بێ ئابڕووانە پێی گوت:

١٤ «قوربانی هاوبەشیم[a] لەسەرە،
ئەمڕۆ نەزرەکانی[b] خۆمم بەجێهێنا،
١٥ بۆیە بۆ دیدەنیت هاتمە دەرەوە،
بۆ دیداری ڕووی تۆ و بۆ دۆزینەوەت.
١٦ نوێنم لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاخستووە،
کەتانی ڕەنگاوڕەنگی میسری،
١٧ نوێنەکەم بۆنخۆش کردووە
بە مورِ و ئەلوا[c] و دارچین[d].
١٨ وەرە هەتا بەیانی ئەوین بنۆشین،
بە خۆشەویستی چێژ وەربگرین.
١٩ چونکە مێردەکەم لە ماڵەوە نییە،
چووەتە ڕێگایەکی دوور.
٢٠ کیسە زیوی لەگەڵ خۆی بردووە،
هەتا مانگ نەبێت بە چواردە ناگەڕێتەوە ماڵ.»
٢١ بە زۆری مەکرەکانی لەخشتەی برد،
بە قسە لووسەکانی زەوقی هەستاند.
٢٢ لەناکاو بەدوایدا ڕۆیشت،
وەك گایەك بۆ سەربڕین ببردرێت،
وەك مامز دەکەوێتە ناو تەڵە،
٢٣ هەتا تیرێك جەرگی ببڕێت،
وەك پەلەکردنی باڵدار بۆ داو،
کە نازانێ بۆ گیانی خۆیەتی.

٢٤ ئەی کوڕینە، ئێستاش گوێم لێ بگرن،
سەرنج بدەنە قسەکانی دەمم.
٢٥ دڵت بەرەو ڕێگاکانی لانەدات،
لە ڕێبازەکانی گومڕا مەبە،
٢٦ چونکە زۆرن ئەوانەی بە بریندارى
بەریداونەتەوە،
هەموو ئەوانەی بە دەستی کوژراون کۆمەڵی
گەورەن.
٢٧ ماڵەکەی ڕێگای جیهانی مردووانە،
شۆڕبوونەوەیە بۆ ژوورەکانی مەرگ.

## بانگەوازی دانایی

٨ ئایا دانایی بانگەواز ناکات؟
ئەی تێگەیشتن دەنگی خۆی
هەڵنابڕێت؟
٢ لەسەر لووتکەی بەرزاییەکان،
لەسەر ڕێگاکان، لە چواڕیانەکان ڕادەوەستێت.
٣ لەلای دەروازەی شارەکان،
لەبەردەم دەرگاکان، هاوار دەکات:
٤ «ئەی خەڵکینە، بۆ ئێوە بانگ دەکەم،
دەنگم بۆ ئادەمیزادە.
٥ ساویلکەکان، فێری ژیری بن،
گێلەکان، فێری تێگەیشتن بن.
٦ گوێ بگرن، چونکە باسی شتی بەرزتان بۆ دەکەم،
کردنەوەی لێوەکانم بۆ ڕاستەڕێییە.
٧ چونکە ڕاستگۆیی وێردی دەممە،

[a] ١٤ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ٧:١١-١٥.

[b] ١٤ نەزر: کارەکە پابەند دەکەیت بە مەرجێکەوە. داوا دەکەیت ئەگەر خودا کارێکت بۆ ئەنجام بدات، ئەوا تۆش ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدەی کە پابەندت کردووە بە مەرجەکەوە. بڕوانە سەرژمێری ٣٠:٢.

[c] ١٧ ڕووەکێکی دڕکاوییە وەك سەبارِ، شلەیەکی تێدایە بۆ پێست باشە.

[d] ١٧ لەو جۆرە بۆنوبەرامانە بوونە کە بۆ بۆنخۆشکردن بەکارهێنراون.

خراپەش قێزەونە بۆ لێوەکانم.
٨ قسەکانی دەمم هەموو ڕاستودروستن،
هیچ فێڵ یان خواروخێچی تێدا نییە.
٩ هەموو ڕێکن لای کەسی تێگەیشتوو،
ڕاستەڕێیە لای ئەوانەی زانیاری دەدۆزنەوە.
١٠ تەمبێکردن لە من وەربگرن نەك زیو،
زانیاریش زیاتر لە زێڕی پوختەکراو.
١١ چونکە دانایی لە یاقووت[a] باشترە،
هەرچی ئارەزووی دەکەیت نابێتە هاوتای.»

١٢ «من داناییم، لەگەڵ ژیریدا نیشتەجێم،
زانیاری و سەلیقەم هەیە.
١٣ ئەوەی لەخواترس بێت، ڕقی لە خراپە دەبێت،
من ڕقم لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانییە،
لە ڕێگای خراپ و لە قسەی بە فێڵە.
١٤ ڕاوێژ و دانایی تەواو هی منن،
من تێگەیشتنم، هێز هی منە.
١٥ بە منەوە پاشاکان پاشایەتی دەکەن و
فەرمانڕەوایان بە ڕاستودروستی یاسا
دەردەکەن.
١٦ بە منەوە میرەکان میرایەتی دەکەن،
بەگەکان و هەموو ئەوانەی بە ڕاستودروستی
دادوەری دەکەن.
١٧ من ئەوانەم خۆشدەوێت کە منیان خۆشدەوێ،
ئەوانەش کە بە پەرۆشەوە بەدوامدا دەگەڕێن،
دەمدۆزنەوە.
١٨ دەوڵەمەندی و ڕێزداری لەلای منە،
ڕاستودروستی[b] و ئەو سامانەی کە دەمێنێتەوە.
١٩ بەرهەمی من لە زێڕ باشترە، لە زێڕی بێگەردیش،
دەغڵێشم لە زیوی پوختەکراو باشترە.
٢٠ بە ڕێچکەی ڕاستودروستیدا دەڕۆم،
لەسەر ڕێبازی دادپەروەری،
٢١ هەتا سامان بکەمە میرات بۆ ئەوانەی منیان
خۆشدەوێت و
ئەمبارەکانیان پڕ بکەم.»
٢٢ «یەزدان لە سەرەتای بەدیهێنانەکەی منی
دروستکرد،
هەر لە کۆنەوە لەپێش کارەکانی.
٢٣ لە ئەزەلەوە من دامەزراوم،
لە سەرەتاوە، لەپێش زەوی.
٢٤ هێشتا زەریاکان نەبوون من بەدیهێنراوم،
هێشتا کانییە پڕ ئاوەکان نەبوون.
٢٥ پێش ئەوەی چیاکان بچەسپێن،
پێش گردەکان، من بەدیهێنراوم،
٢٦ هێشتا نە زەوی و نە پانتاییەکانی دروستکردبوو،
نە سەرەتای خۆڵی زەوی.
٢٧ کاتێك کە ئاسمانی جێگیر کرد من لەوێ بووم،
کاتێك کە هێڵی ئاسۆی بەسەر قووڵاییدا کێشا،
٢٨ کاتێك کە هەوری لە ئاسمان ڕاگرت و
سەرچاوەی قووڵاییەکانی چەسپاند،
٢٩ کاتێك کە سنووری بۆ دەریا کێشا
بۆ ئەوەی ئاوەکان فەرمانی ئەو نەشکێنن،
کاتێك کە بناغەی زەوی داڕشت.
٣٠ لەگەڵ ئەو وەستایەکی لێزان بووم،
ڕۆژبەڕۆژ شادمانی ئەو بووم،
هەمیشە لەبەردەمیدا دڵخۆش بووم،
٣١ لە زەوییە ئاوەدانەکەی دڵخۆش دەبووم،
لەگەڵ ئادەمیزاد شادمان بووم.

٣٢ «ئەی کوڕینە، ئێستاش گوێم لێ بگرن،
خۆزگە دەخوازرێ بەوانەی ڕێگای من
دەپارێزن.
٣٣ گوێ لە تەمبێکردن بگرن و دانا بن،
پشت گوێی مەخەن.
٣٤ خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی گوێم لێ
دەگرێت،
ڕۆژبەڕۆژ لەلای دەرگاکەم ئاگادارە،
لەلای دەروازەی دەرگاکەم ئێشك دەگرێت.
٣٥ چونکە ئەوەی من بدۆزێتەوە، ژیان دەدۆزێتەوە،
ڕەزامەندی یەزدانیش بەدەستدەهێنێت.

[a] ١١ یاقووت: گەوهەری سووری تۆخ.
[b] ١٨ مەبەستی لە بەرهەمی ڕاستودروستە.

٣٦ بەڵام ئەوەی من نەدۆزێتەوە زیان بە خۆی دەگەیەنێت،
هەموو ئەوانەی ڕقیان لە منە، مردنیان خۆشدەوێت.»

٩ دانایی خانووی خۆی بنیاد ناوە،
حەوت[a] کۆڵەکەکەی داتاشیوە.
٢ سەربڕدراوەکەی سەربڕیوە و شەرابەکەی تێکەڵ کردووە،
هەروەها خوانەکەی ئامادە کردووە.
٣ کەنیزەکانی خۆی ناردووە و بانگ دەکات،
لەسەر بەرزاییەکانی شار:
٤ «کێ ساویلکەیە، با ڕوو لێرە بکات!»
بە تێنەگەیشتووش دەڵێت:
٥ «وەرن، لە نانی من بخۆن و
لەو شەرابەی تێکەڵم کردووە بخۆنەوە.
٦ واز لە ساویلکەیی بهێنن و بژین،
بە ڕێگای تێگەیشتندا بڕۆن.»

٧ ئەوەی گاڵتەجاڕ تەمبێ بکات شەرمەزاری دەست دەکەوێت،
ئەوەی بەدکار سەرزەنشت بکات خۆی لەکەدار دەکات.
٨ سەرزەنشتی گاڵتەجاڕ مەکە، نەوەك ڕقی لێت بێتەوە،
سەرزەنشتی دانا بکە، تۆی خۆشدەوێت.
٩ ڕێنمایی دانا بکە، داناتر دەبێت،
کەسێکی ڕاستودروست فێر بکە، زاناتر دەبێت.

١٠ لەخواترسی سەرەتای داناییە،
ناسینی خودای پیرۆزیش تێگەیشتنە.
١١ چونکە بە من ڕۆژگارت زیاد دەکات،
ساڵانی ژیانت پتر دەبێت.
١٢ ئەگەر دانا بیت، بۆ خۆت دانایت،
ئەگەر گاڵتەجاڕ بیت، تەنها لەسەر خۆت دەکەوێت.

١٣ گێلایەتی وەك خاتوونێکی بە بۆڵەبۆڵە،
ساویلکەیە و هیچ شتێك نازانێت.
١٤ لە بەردەرگای ماڵەکەی دادەنیشێت،
لەسەر کورسییەك لە بەرزترین شوێنی شار،
١٥ بۆ بانگکردنی ڕێبوارەکان،
ئەوانەی لە ڕێچکەی خۆیان دەڕۆن:
١٦ «کێ ساویلکەیە، با ڕوو لێرە بکات!»
بە تێنەگەیشتووش دەڵێت:
١٧ «ئاوی دزراو شیرینە،
نانی بە دزی بەتامە.»
١٨ بەڵام ئەوان نازانن، خێوەکان لەوێن،
میوانەکانی نەزانیش لەناو جەرگەی جیهانی مردوواندان.

## پەندەکانی سلێمان

١٠ پەندەکانی سلێمان:

کوڕی دانا باوکی شاد دەکات،
بەڵام کوڕی گێل دڵتەنگییە بۆ دایکی.

٢ بێ سوودە گەنجینەی داهاتی ناڕەوایی،
بەڵام ڕاستودروستی فریادەکەوێت لە مردن.

٣ یەزدان ناهێڵێت ڕاستودروستان تووشی برسێتی بن،
بەڵام ئارەزووی بەدکاران بەتاڵ دەکاتەوە.

٤ دەستی تەمبەڵ دەبێتە هۆی هەژاری،
بەڵام دەستی کۆڵنەدەر دەوڵەمەندی بەدواوەیە.

٥ ئەوەی لە هاوین کۆدەکاتەوە، کوڕێکی وریایە،
بەڵام ئەو کوڕەی لە کاتی دروێنەدا دەخەوێت، مایەی شەرمەزارییە.

٦ بەرەکەت بۆ سەر ڕاستودروستانە،
بەڵام دەمی بەدکاران توندڕەوی دەشارێتەوە.

٧ یادکردنەوەی ڕاستودروستان بۆ بەرەکەتە،
بەڵام ناوی بەدکاران دەڕزێت.

---

[a] ١ لەوانەیە ژمارە حەوت بۆ هێمای تەواوەتی و ڕێکوپێکی ماڵەکە بەکارهاتووە. بڕوانە ئاشکراکردن ١:١٩.

٨ ئەوەی دڵی دانابێت فەرمان وەردەگرێت،
بەڵام گێلی زۆربڵێ وێران دەبێت.

٩ ئەوەی ڕێگای ڕاست بگرێت ئاسوودە دەبێت،
بەڵام ئەوەی ڕێگای خوار بگرێت لێی ئاشکرا دەبێت.

١٠ چاوقوچان دەبێتە هۆی ئازار،
گێلی زۆربڵێش دەکەوێت.

١١ دەمی کەسی ڕاستودروست سەرچاوەی ژیانە و
بەڵام دەمی بەدکاران توندڕەوی دەشارێتەوە.

١٢ ڕق ناکۆکی دەوروژێنێت،
بەڵام خۆشەویستی هەموو یاخیبوونێك دادەپۆشێت.

١٣ لە لێوەکانی تێگەیشتوو دانایی هەیە،
کوتەکیش بۆ پشتی تێنەگەیشتووانە.

١٤ داناکان زانیاری کۆدەکەنەوە،
بەڵام دەمی گێل فەوتانێکی نزیکە.

١٥ سامانی دەوڵەمەند شاری قەڵابەندیەتی،
بەڵام فەوتانی هەژاران نەدارییانە.

١٦ کرێی کەسی ڕاستودروست ژیانە،
بەڵام داهاتی بەدکار گوناهە.

١٧ ئەوەی چاوی لە تەمبێکردنە لەسەر ڕێچکەی ژیانە،
بەڵام ئەوەی واز لە سەرزەنشت بهێنێت گومڕا دەبێت.

١٨ ئەوەی ڕق بشارێتەوە لێوەکانی درۆ دەکەن،
ئەوەی بوختان بڵاو بکاتەوە گێلە.

١٩ قسەی زۆر بێ گوناه نابێت،
بەڵام ئەوەی زمانی خۆی بگرێت ورییە.

٢٠ زمانی کەسی ڕاستودروست زیوی پوختەکراوە،
بەڵام دڵی بەدکاران کەم بەهایە.

٢١ لێوەکانی کەسی ڕاستودروست، ڕابەرایەتی زۆر کەس دەکەن،
بەڵام گێلەکان بە تێنەگەیشتوویی دەمرن.

٢٢ بەرەکەتی یەزدان دەوڵەمەندی بەدواوەیە و
هیچ زەحمەتێکیش ناخاتە پاڵی.

٢٣ وەك پێکەنینە بۆ گێل بەدکاری کردن،
بەڵام دانایی بۆ کەسی تێگەیشتوو.

٢٤ ترسی بەدکار بۆی دێت،
ئارەزووی ڕاستودروستانیش پێیان دەبەخشرێت.

٢٥ وەك تێپەڕبوونی گەردەلوول خراپەکاریش ئاوا نامێنێت،
بەڵام کەسی ڕاستودروست هەتاهەتایە جێگیر دەبێت.

٢٦ وەك سرکە بۆ ددان و دووکەڵ بۆ چاو،
کەسی تەمبەڵیش بۆ ئەوانەی دەینێرن ئاوایە.

٢٧ لەخواترسی ڕۆژانی ژیانت زیاد دەکات،
بەڵام ساڵانی بەدکاران کورت دەبێت.

٢٨ هیوای ڕاستودروستان خۆشییە،
بەڵام ئاواتی بەدکاران لەناودەچێت.

٢٩ ڕێگای یەزدان پەناگایە بۆ ئەوانەی ڕێگای ڕاست بگرن،
بەڵام لەناوچوونە بۆ ئەوانەی خراپە دەکەن.

٣٠ کەسی ڕاستودروست هەرگیز نالەقێت،
بەڵام خراپەکاران لەسەر زەوی نیشتەجێ نابن.

٣١ دەمی کەسی ڕاستودروست دانایی لێ دەڕوێت،
بەڵام زمانی درۆودەلەسە دەبڕدرێتەوە.

٣٢ لێوەکانی کەسی ڕاستودروست پەسەندیی دەزانن،
بەڵام دەمی بەدکاران درۆودەلەسە.

## ١١

تەرازووی لاسەنگ لەلای یەزدان قێزەونە،
بەڵام ئارەزووی لە کێشی دروستە.

٢ کە لووتبەرزی هات، ڕیسواییش دێت،
بەڵام لەگەڵ بێفیزەکان دانایی دێت.

٣ ڕاستیی سەرڕاستەکان ڕێنماییان دەکات،
بەڵام خواری ناپاکان سەری خۆیان دەخوات.

٤ بێ سوودە سامان لە ڕۆژی تووڕەیی،
بەڵام ڕاستودروستی فریادەکەوێت لە مردن.

٥ ڕاستودروستی ڕێگا بۆ کەسی بێ کەموکوڕی
ئاسان دەکات،
بەڵام بەدکار بە بەدکاری خۆی دەگلێت.

٦ ڕاستودروستی سەرڕاستەکان فریایان دەکەوێت،
بەڵام ناپاکان گرفتاری ئارەزووەکانیان دەبن.

٧ بە مردنی بەدکار ئومێدی دەبڕێت،
هیوای پاڵەوانانیش لەناودەچێت.

٨ کەسی ڕاستودروست لە تەنگانەدا دەرباز دەبێت
و
بەدکار دەگرێتەوە.

٩ کەسی دووڕوو بە دەمی دراوسێکەی
لەناودەبات،
بەڵام ڕاستودروستان بە زانیاری دەرباز دەبن.

١٠ بە سەرکەوتنی ڕاستودروستان شار شادمان
دەبێت،
بە لەناوچوونی بەدکارانیش هاواری خۆشییە.

١١ بە بەرەکەتی سەرڕاستەکان شار بەرز دەبێتەوە،
بەڵام بە دەمی بەدکاران وێران دەبێت.

١٢ ئەوەی سووکایەتی بە دراوسێکەی بکات
تێنەگەیشتووە،
بەڵام کەسی تێگەیشتوو بێدەنگ دەبێت.

١٣ دەمشڕ نهێنی ئاشکرا دەکات،
بەڵام مرۆڤی دڵسۆز شت دادەپۆشێت.

١٤ بێ ڕاوێژ گەل دەکەوێت،
بەڵام سەرکەوتن بە زۆری ئامۆژگارانە.

١٥ ئەوەی ببێتە کەفیلی بێگانە بێگومان تووشی
خراپە دەبێت،
بەڵام ئەوەی ڕقی لە دەست تێکەڵبوون بێت
ئاسوودەیە.

١٦ ئافرەتی نەرمونیان ڕێزی دەست دەکەوێت،
بەڵام کەسی زۆردار تەنها سامان.

١٧ مرۆڤی بە بەزەیی چاکە لەگەڵ خۆی دەکات،
بەڵام دڵڕەق خۆی ماندوو دەکات.

١٨ خراپەکار کرێیەکەی قەڵبە،
بەڵام چێنەری ڕاستودروست پاداشتی مسۆگەرە.

١٩ وەك چۆن ڕاستودروستی بۆ ژیانە،
شوێنکەوتنی خراپەش بۆ مردنە.

٢٠ قێزی یەزدان لە دڵخراپانە،
ڕەزامەندیشی بۆ ڕێ تەواوانە.

٢١ بێگومان بەدکار بێ سزا نابێت،
بەڵام نەوەی ڕاستودروستان دەرباز دەبن.

٢٢ وەك خەزێمی زێڕە بە لووتی بەرازەوە،
ئافرەتی جوانی بێ ئەقڵ.

٢٣ ئارەزووی ڕاستودروستان تەنها چاکەیە،
بەڵام هیوای بەدکاران لە تووڕەییە.

٢٤ هەیە بڵاو دەکاتەوە و بۆی زیاد دەکرێت،
بەڵام ئەوەی لە ڕادەبەدەر دەستی پێوە بگرێت
تەنها بۆ نەدارییە.

٢٥ چاوتێر دەوڵەمەند دەبێت،
ئاوگێڕیش ئاوی دەدرێتێ.

٢٦ ئەوەی گەنم ئەمبار دەکات و نایفرۆشێت گەل
نەفرەتی لێ دەکات،
بەڵام بەرەکەت بۆ سەری فرۆشیارە.

٢٧ ئەوەی پەرۆشە بۆ چاکە ڕەزامەندی دەست
دەکەوێت،
بەڵام ئەوەی بەدوای خراپەدا بگەڕێت خراپە
دێتە ڕێی.

[٢٨] ئەوەی پشت بە دەوڵەمەندی خۆی ببەستێت
دەکەوێت،
ڕاستودروستانیش وەك گەڵا دەپشکوێن.
[٢٩] ئەوەی ماڵی خۆی ماندوو بکات میراتی با
دەبێت،
گێلیش دەبێتە نۆکەری دانا.
[٣٠] بەروبوومی کەسی ڕاستودروست درەختی ژیانە،
ئەوەی خەڵك دەباتەوە دانایە.
[٣١] ئەگەر کەسی ڕاستودروست لەسەر زەوی پاداشت
دەکرێت،
لەوەش زیاتر خراپەکار و گوناهبار!

## ١٢

ئەوەی حەز لە تەمبێکردن بکات حەز لە
زانیاری دەکات،
بەڵام ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشت بێت دەبەنگە.
[٢] پیاوچاك ڕەزامەندی یەزدان بەدەستدەهێنێت،
بەڵام کەسی تەڵەکەباز تاوانبار دەکرێت.
[٣] مرۆڤ بە بەدکاری ناچەسپێت،
ڕیشەی ڕاستودروستانیش نالەقێت.
[٤] ئافرەتی خانەدان تاجی سەری مێردەکەیەتی،
بەڵام ئافرەتی شەرمەزار وەك کلۆرییە لەناو
ئێسقانەکانی.
[٥] پلانی ڕاستودروستان دادپەروەرییە،
بەڵام ڕاوێژی بەدکاران هەڵخەڵەتێنەرە.
[٦] قسەی بەدکاران بۆسەی خوێنڕشتنە،
دەمی سەرڕاستان فریایان دەکەوێت.
[٧] بەدکاران وەردەگەڕێنەوە و نامێنن،
بەڵام ماڵی ڕاستودروستان دەچەسپێت.
[٨] مرۆڤ بەپێی وریاییەکەی ستایش دەکرێت،
بەڵام ئەوەی دڵخراپە ڕیسوا دەبێت.
[٩] باشترە ساکار بیت و خزمەتکارت هەبێت
لەوەی خۆت گەورە دەربخەیت بەڵام نانت
نەبێت.
[١٠] کەسی ڕاستودروست بایەخ بە ئاژەڵەکەی
دەدات،
بەڵام بەزەیی بەدکاران دڵڕەقییە.
[١١] ئەوەی خزمەتی زەوی خۆی بکات تێر نان
دەبێت،
بەڵام ئەوەی دوای هیچوپووچی بکەوێت
تێنەگەیشتووە.
[١٢] بەدکار حەز لە قازانجی خراپەکاران دەکات،
ڕیشەی ڕاستودروستان بەروبووم دەدات.
[١٣] خراپەکار دەکەوێتە تەڵەی زمانە یاخییەکەی،
بەڵام کەسی ڕاستودروست لە تەنگانە دەرباز
دەبێت.
[١٤] مرۆڤ لە بەروبوومی دەمی تێر چاکە دەبێت،
پاداشتی دەستی مرۆڤیش بۆی دەگەڕێتەوە.
[١٥] ڕێگای گێل لەبەرچاوی خۆی ڕاستە،
بەڵام دانا گوێگری ئامۆژگارییە.
[١٦] گێل دەستبەجێ تووڕەیی دەردەبڕێت،
بەڵام داپۆشەری سووکایەتی ژیرە.
[١٧] ئەوەی بە ڕاستگۆیی دەدوێت ڕاستودروستی
ڕادەگەیەنێت،
بەڵام شایەتی ساختە درۆ دەکات.
[١٨] هەیە هەڵەشەییەکەی وەك زەبری شمشێرە،
بەڵام زمانی دانایان چاکبوونەوەیە[a].
[١٩] لێوی ڕاستگۆ هەتاهەتایە دەچەسپێت،
بەڵام زمانی درۆ هەتا چاوتروکانێکە.
[٢٠] ساختە لە دڵی ئەوانەیە کە پیلانی خراپە
دەنێنەوە،
بەڵام دڵخۆشی بۆ ڕاوێژکارانی ئاشتییە.
[٢١] کەسی ڕاستودروست تووشی هیچ ناخۆشییەك
نابێت،
بەڵام بەدکاران پڕ دەبن لە خراپە.

[a] ١٨ چاکبوونەوەیە لە برین و ئازار.

٢٢ قێزی یەزدان لە لێوی درۆیە،
بەڵام ئەوانەی بە ڕاستگۆیی کار دەکەن جێی
ڕەزامەندی ئەون.

٢٣ مرۆڤی ژیر زانیارییەکەی دەپارێزێت،
دڵی گێلەکانیش گێلایەتی دەردەبڕێت.

٢٤ دەستی ماندوو فەرمانڕەوایەتی دەکات،
بەڵام دەستی تەمبەڵ لەژێر بێگاری دەبێت.

٢٥ نیگەرانی لە دڵی مرۆڤدا دەیچەمێنێتەوە،
بەڵام قسەی خۆش شادمانی دەکات.

٢٦ کەسی ڕاستودروست ڕاوێژی چاك دەداتە
هاوڕێکەی،
بەڵام ڕێگای خراپەکاران گومڕایان دەکات.

٢٧ مرۆڤی تەمبەڵ نێچیری خۆی ناگرێت،
بەڵام مرۆڤی ماندوو نرخی سامانەکەی دەدات.

٢٨ لە ڕێچکەی ڕاستودروستی ژیان هەیە،
ڕێگای ڕێڕەوەکانی بەرەو نەمرییە.

١٣ کوڕی دانا تەمبێکردنی باوکی وەردەگرێت،
بەڵام گاڵتەجاڕ گوێ لە سەرزەنشت
ناگرێت.

٢ مرۆڤ لە بەروبوومی دەمی چاکە دەخوات،
ناپاکانیش ئارەزوویان توندوتیژییە.

٣ ئەوەی ئاگای لە دەمی بێت گیانی خۆی
دەپارێزێت،
بەڵام ئەوەی زمان درێژی دەکات لەناودەچێت.

٤ گیانی تەمبەڵ ئارەزوو دەکات و هیچی دەست
ناکەوێت،
گیانی ماندووش سەرکەوتوو دەبێت.

٥ کەسی ڕاستودروست ڕقی لە قسەی درۆیە،
بەدکاریش ڕیسوایی و شەرمەزاری دەهێنێت.

٦ ڕاستودروستی ئەو کەسە دەپارێزیت کە ڕێگای
ڕاستە،
خراپەش گوناهبار سەرەوژێر دەکات.

٧ هەیە خۆی بە دەوڵەمەند دەردەخات و هیچی
نییە،
هەشە خۆی بە هەژار دەردەخات و سامانی
زۆری هەیە.

٨ لەوانەیە سامانی مرۆڤ گیانی مرۆڤەکە
بکڕێتەوە،
بەڵام هەژار گوێی لە هەڕەشە نابێت.

٩ ڕووناکی ڕاستودروستان دەگەشێتەوە،
بەڵام چرای بەدکاران دەکوژێتەوە.

١٠ لە لووتبەرزییەوە تەنها ناکۆکی پەیدادەبێت،
بەڵام لەگەڵ ڕاوێژکاران دانایی.

١١ ماڵێك بە ناپاکی پەیداکرابێت لە کورتی دەدات،
بەڵام ئەوەی بە کاری دەست کۆدەبێتەوە لە
زیادبوون دەبێت.

١٢ ئومێدی درێژکراوە دڵ نەخۆش دەکات،
ئارەزووی بەدیهاتووش درەختی ژیانە.

١٣ ئەوەی سووکایەتی بە فێرکردنەکە[a] بکات خۆی
لەناودەبات،
بەڵام ئەوەی ڕێزی بۆ ڕاسپاردەکە هەبێت
پاداشتی دەدرێتەوە.

١٤ فێرکردنەکانی دانا کانی ژیانە،
بۆ دوورکەوتنەوە لە داوی مردن.

١٥ تێگەیشتنی باش پەسەندی بەدەستدەهێنێت،
بەڵام ڕێگای ناپاکان سەختە.

١٦ هەموو کەسێکی ژیر بە زانیارییەوە کار دەکات،
بەڵام نەزان گێلایەتی بڵاو دەکاتەوە.

١٧ نێردراوی بەدکار دەکەوێتە خراپەوە،
پەیامبەری دەستپاکیش چاکبوونەوە دەهێنێت.

١٨ هەژاری و ڕیسوایی بۆ ئەوانەیە تەمبێکردن
بەلاوە دەنێن،

[a] ١٣ مەبەستی لە فێرکردنی تەوراتی موسایە.

بەڵام ئەوەی سەرزەنشت لەگوێدەگرێت ڕێزدار
دەبێت.
١٩ ئارەزووی بەدیهاتوو خۆشییە بۆ گیان،
بەڵام گێل وادەزانێت کە لادان لە خراپە شتێکی
قێزەونە.
٢٠ ئەوەی لەگەڵ دانایان دەڕوات دەبێتە دانا،
هاوڕێی گێلەکانیش زیانی پێ دەگات.
٢١ خراپە دوای گوناهباران دەکەوێت،
بەڵام ڕاستودروستان بە چاکە پاداشت
دەدرێنەوە.
٢٢ پیاوچاك میرات بۆ نەوەکانی[a] بەجێدەهێڵێت،
سامانی گوناهبارانیش بۆ ڕاستودروست
هەڵدەگیردرێت.
٢٣ لەوانەیە بەیاری[b] هەژاران خواردنی زۆری
تێدابێت،
بەڵام لەبەر نادادپەروەری دەبردرێت.
٢٤ ئەوەی ڕێگا لە کوتەك بگرێت ڕقی لە
کوڕەکەیەتی،
بەڵام ئەوەی خۆشیبوێت گرنگی بە
تەمبێکردنی دەدات.
٢٥ کەسی ڕاستودروست دەخوات و تێر دەبێت،
بەڵام سکی بەدکاران هەر برسی دەبێت.

## ١٤

ژنی داناماڵی خۆی بنیاد دەنێت،
گێلیش بە دەستی خۆی کاولی دەکات.
٢ ئەوەی ڕاستەڕێیەکەی خۆی بگرێت لەخواترسە،
بەڵام ئەوەی ڕێگای خۆی خوار بکاتەوە
سووکایەتی پێ دەکات.
٣ گێل بە قسەکانی خۆی تووشی گۆچانی سزادان
دەبێت،
بەڵام دانایان لێوەکانیان دەیانپارێزێت.
٤ کە مانگا نەبێت ئاخوڕ بەتاڵە،
دروێنەی زۆریش بە هێزی گایە.
٥ شایەتی دەستپاك درۆ ناکات،
بەڵام شایەتی درۆزن درۆ بڵاو دەکاتەوە.
٦ گاڵتەجاڕ داوای دانایی دەکات و نایدۆزێتەوە،
بەڵام زانیاری بۆ تێگەیشتوو ئاسانە.
٧ لەبەردەم کەسی گێل دووربکەوە،
چونکە لە لێوەکانی زانیاری نابیستیت.
٨ دانایی ژیر تێگەیشتنی ڕێگای خۆیەتی،
بەڵام گێلایەتی گێلەکان فریودانە.
٩ گێلەکان گاڵتە بە تاوان دەکەن،
بەڵام لەنێو سەرڕاستان ڕەزامەندی خودا
دەدۆزرێتەوە.
١٠ هەر دڵێك تاڵییەتی گیانی خۆی دەزانێت،
بێگانەش لە خۆشییەکەی بەشداری ناکات.
١١ ماڵی بەدکارەکان کاول دەبێت،
بەڵام ڕەشماڵی سەرڕاستان گەشە دەکات.
١٢ ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاست دیارە،
بەڵام کۆتاییەکەی بەرەو مردنە.
١٣ بگرە لە پێکەنینیشدا دڵ تەنگ دەبێت،
لەوانەیە کۆتایی خۆشیش خەم بێت.
١٤ کەسی ڕاڕا لە ڕێگای خۆی تێر دەبێت،
پیاوچاکیش لەوەی کە هەیەتی.
١٥ ساویلکە بە هەموو قسەیەك بڕوا دەکات،
بەڵام ژیر دەڕوانێتە هەنگاوەکانی خۆی.
١٦ کەسی دانا دەترسێت و لە خراپە لادەدات،
بەڵام گێل سەرگەرمە و پشت ئەستوورە.
١٧ کەسی هەڵەشە ڕەفتاری گێلانە دەکات،
پیاوی تەڵەکەبازیش مایەی ڕقە.
١٨ ساویلکەکان میراتگری گێلایەتین،

---

[a] ٢٢ عیبری، کوڕی کوڕ.
[b] ٢٣ زەوی نەکێڵدراو و ئامادە بۆ کێڵان.

بەڵام ژیرەکان سەریان بە زانیاری
دەڕازێنرێتەوە.

١٩ بەدکاران لەبەردەم پیاوچاکان دەچەمێنەوە،
خراپەکارانیش لە بەردەرگای کەسی
ڕاستودروست.

٢٠ هەژار تەنانەت دراوسێکەشی ڕقی لێی دەبێتەوە،
بەڵام دەوڵەمەند دۆستی زۆرە.

٢١ ئەوەی سووکایەتی بە دراوسێکەی بکات گوناه
دەکات،
بەڵام خۆزگە دەخوازرێ بەوەی لەگەڵ هەژاران
میهرەبانە.

٢٢ ئایا وێڵ نابن ئەوانەی پیلانی خراپە دادەڕێژن؟
بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی لەگەڵ
ئەوانەیە کە پلانی چاکە دادەڕێژن.

٢٣ لە هەموو ماندووبوونێك سوود هەیە،
بەڵام تەنها قسەی لێوان بێت بەرەو نەبوونییە.

٢٤ دەوڵەمەندی تاجی داناکانە،
بەڵام گێلایەتی نادانایان دەڕازێنێتەوە.

٢٥ شایەتی ڕاستگۆ دەربازکەری خەڵکە،
بەڵام ئەوەی درۆ بڵاو دەکاتەوە تەفرەدەرە.

٢٦ ئەوەی لە یەزدان بترسێت دڵنیاییەکی بەهێزی
هەیە،
بۆ کوڕەکانیشی دەبێتە پەناگا.

٢٧ لەخواترسی کانی ژیانە،
بۆ دوورکەوتنەوە لە داوی مردن.

٢٨ زۆری گەل شکۆمەندییە بۆ پاشا،
بەڵام نەمانی گەل شکستی میرە.

٢٩ ئەوەی درەنگ تووڕە بێت باش تێدەگات،
بەڵام ئەوەی هەڵەشە بێت گێلایەتی
دەردەخات.

٣٠ دڵی ئارام ژیان بە جەستە دەبەخشێت،
بەڵام ئیرەیی ئێسك کلۆر دەکات.

٣١ ئەوەی ستەم لە هەژار بکات سووکایەتی بە
دروستکەرەکەی دەکات،
بەڵام ئەوەی لەگەڵ نەدار میهرەبانە ڕێز لە
خودا دەگرێت.

٣٢ خراپەکار بە خراپەکانی خۆی دەکەوێنرێت،
بەڵام کەسی ڕاستودروست لە مردنیشی
پەناگای هەیە.

٣٣ دانایی لەناو دڵی کەسی تێگەیشتوو
دەحەسێتەوە،
هەروەها گێلەکان تەنانەت ناواخنیشیان
دەزانرێت.

٣٤ ڕاستودروستی نەتەوە بەرز دەکاتەوە،
بەڵام گوناه شەرمەزاری گەلانە.

٣٥ ڕەزامەندی پاشا بۆ خزمەتکاری وریایە،
بەڵام تووڕەبوونی لە خزمەتکاری شەرمەزارە.

١٥ وەڵامی نەرم تووڕەیی دەڕەوێنێتەوە،
بەڵام قسەی بریندارکەر ڕق
دەوروژێنێت.

٢ زمانی دانایان زانیاری دەڕازێنێتەوە،
بەڵام دەمی دەبەنگەکان گێلایەتی لێ
هەڵدەقوڵێت.

٣ چاوی یەزدان لە هەموو جێگایەکە،
چاودێری بەدکاران و پیاوچاکان دەکات.

٤ هێمنی زمان درەختی ژیانە،
بەڵام خوارکردنەوەی تێکشکانی ڕۆحە.

٥ گێل سووکایەتی بە تەمبێکردنی باوکی دەکات،
بەڵام ئەوەی چاوی لە سەرزەنشت بێت ژیر
دەبێت.

٦ لە ماڵی کەسی ڕاستودروست گەنجینەی گەورە
هەیە،
بەڵام داهاتی بەدکار پشێوییە.

٧ لێوی دانایان زانیاری بڵاو دەکەنەوە،

بەڵام دڵی گێلەکان ئاوا نییە.

٨ قوربانی بەدکاران قێزەونە لەلای یەزدان،
بەڵام نوێژی سەرڕاستان خۆشحاڵی دەکات.

٩ قێزی یەزدان لە ڕێگای بەدکارە،
بەڵام ئەوەی خۆشدەوێت کە دوای
ڕاستودروستی کەوتووە.

١٠ تەمبێی سەخت بۆ لەڕێ لادەرە،
ئەوەی ڕقی لە سەرزەنشتە دەمرێت.

١١ جیهانی مردووان و لەناوچوون[a] لەبەردەم
یەزدانن،
لەوەش زیاتر دڵی ئادەمیزاد!

١٢ گاڵتەجاڕ ئەو کەسەی خۆشناوێت کە
سەرزەنشتی دەکات،
بۆ لای دانایان ناچێت.

١٣ دڵی شادمان ڕووخۆش دەکات،
بەڵام بە دڵتەنگی ڕۆح تێکدەشکێت.

١٤ دڵی تێگەیشتوو بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت،
بەڵام دەمی گێلەکان لەسەر گێلایەتی
دەلەوەڕێت.

١٥ هەموو ڕۆژانی ستەملێکراو سەختە،
بەڵام دڵتەڕ هەمیشە لەسەر خوانی شادییە.

١٦ باشترە کەمت هەبێت لەگەڵ لەخواترسی
لە گەنجینەی گەورە لەگەڵ سەرلێشێوان.

١٧ باشترە سەوزە خواردن لەو شوێنەی خۆشەویستی
لێیە
لە گایەکی قەڵەو و ڕقی لەگەڵ بێت.

١٨ کەسی سەرگەرم ناکۆکی دەوروژێنێت،
بەڵام کەسی هێمن دوژمنایەتی ئارام دەکاتەوە.

١٩ ڕێگای تەمبەڵ وەک پەرژینی دڕکە،
بەڵام ڕێگای سەرڕاستان تەخت کراوە.

٢٠ کوڕی دانا باوکی شاد دەکات،
بەڵام گێل دایکی خۆی ڕیسوا دەکات.

٢١ گێلایەتی خۆشییە بۆ کەسی تێنەگەیشتوو،
بەڵام کەسی تێگەیشتوو بە ڕێکی ڕەفتار
دەکات.

٢٢ پلان بەبێ ڕاوێژ پووچەڵ دەبێت،
بەڵام بە زۆری ڕاوێژکاران سەردەکەوێت.

٢٣ دڵخۆشییە بۆ مرۆڤ وەڵامی گونجاو،
قسەش لە کاتی خۆیدا چەند باشە!

٢٤ ڕێچکەی ژیان بۆ کەسی وریا بەرەو سەرەوەیە،
بۆ ئەوەی لە دابەزین بەرەو جیهانی مردووان
بیپارێزێت.

٢٥ یەزدان ماڵی لووتبەرزان ڕیشەکێش دەکات،
بەڵام سنووری ماڵی بێوەژن دەچەسپێنێ.

٢٦ قێزی یەزدان لە پیلانی بەدە،
بەڵام قسەی شیرین پاکە.

٢٧ ئەوەی بەدوای دەستکەوتی ناڕەواوە بێت ماڵی
خۆی تێکدەدات،
بەڵام ئەوەی ڕقی لە بەرتیل بێتەوە دەژیێت.

٢٨ دڵی کەسی ڕاستودروست بیر لە وەڵام دەکاتەوە،
بەڵام دەمی بەدکاران خراپەی لێ هەڵدەڕژێت.

٢٩ یەزدان لە بەدکاران دوورە،
بەڵام گوێی لە نوێژی ڕاستودروستان دەبێت.

٣٠ ڕووناکی چاو دڵ خۆش دەکات،
مژدەش ئێسك تەندروست دەکات.

٣١ ئەوەی گوێ لە سەرزەنشتی بەرەو ژیان بگرێت
لەناو دانایان نیشتەجێ دەبێت.

٣٢ پشتگوێخەری تەمبێکردن گیانی خۆی ڕیسوا
دەکات،
بەڵام ئەوەی گوێ لە سەرزەنشت دەگرێت
تێگەیشتنی دەستدەکەوێت.

---

[a] ١١ لەناوچوون: عیبری: ئەبەدۆن. لە پەیمانی نوێ، ئەم وشە بە واتای (لەناوبەر) هاتووە، بڕوانە ئاشکراکردن ٩:١١.

٣٣ ترسی یەزدان مرۆڤ بەرەو دانایی دەبات،
پێش ڕێزلێنانیش بێفیزییە.

# ١٦

ئامادەکاریەکانی دڵ هی مرۆڤە،
بەڵام وەڵامدانەوەی زمان لە یەزدانەوەیە.

٢ هەموو ڕێگاکانی مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی بێگەردن،
بەڵام یەزدانە پاڵنەرەکان هەڵدەسەنگێنێت.

٣ کارەکانت بە یەزدان بسپێرە،
پلانەکانت جێگیر دەبێت.

٤ یەزدان بۆ مەبەستی خۆی هەموو شتێکی دروستکردووە،
تەنانەت بەدکاریش بۆ ڕۆژی بەڵا.

٥ یەزدان قێزی لە هەموو دڵ بەفیزێکە،
بێگومان سزادانی لەسەر تێناپەڕێت.

٦ بە خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی کەفارەت[a] بۆ تاوان دەکرێت،
بە لەخواترسیش دوورکەوتنەوە لە خراپە.

٧ ئەگەر ڕەفتاری مرۆڤ مایەی ڕەزامەندی یەزدان بێت،
وا دەکات تەنانەت دوژمنەکانیشی لەگەڵیدا ئاشت دەبنەوە.

٨ باشترە کەمت هەبێت بە ڕاستودروستییەوە
لەوەی داهاتێکی زۆری بە ناڕەوا.

٩ دڵی مرۆڤ پلان بۆ ڕێگای خۆی دادەنێت،
بەڵام یەزدان هەنگاوەکانی ئاراستە دەکات.

١٠ قسەی پاشا وەك سروشە[b]،
دەبێ لە دادوەریدا دەمی ناپاکی نەکات.

١١ قەپان و تەرازووی دادپەروەر لە یەزدانەوەیە،
هەموو کێشێکی ناو کیسە کاری ئەوە.

١٢ قێزی پاشایان لە خراپەکردنە،
چونکە بە ڕاستودروستی تەخت دەچەسپێت.

١٣ ڕەزامەندی پاشایان لێوی ڕاستودروستە،
کەسی ڕاستگۆیان خۆشدەوێت.

١٤ تووڕەیی پاشا وەك فریشتەی مەرگە،
بەڵام کەسی دانا هێمنی دەکاتەوە.

١٥ ڕووناکی ڕووی پاشا ژیانی تێدایە،
ڕەزامەندیشی وەك هەورە بارانی بەهارە.

١٦ دەستکەوتنی دانایی چەند لە زێڕ باشترە،
دەستکەوتنی تێگەیشتنیش لە زیو پەسەندترە.

١٧ ڕێگای سەرڕاستان دوورکەوتنەوەیە لە خراپە،
ئەوەی ڕێگای خۆی بپارێزێت گیانی خۆی دەپارێزێت.

١٨ لەپێش شکان لووتبەرزییە،
لەپێش ڕووخانیش ڕۆحزلییە.

١٩ باشترە بێفیز بیت و لەگەڵ ستەملێکراوان بیت،
لە دابەشکردنی دەستکەوت لەگەڵ لووتبەرزان.

٢٠ ئەوەی بایەخ بە ئامۆژگاری بدات چاکەی دەست دەکەوێت،
ئەوەی پشت بە یەزدان ببەستێت خۆزگەی پێ دەخوازرێت.

٢١ ئەوەی لە دڵدا دانابێت پێی دەگوترێت تێگەیشتوو،
شیرینی لێوەکانیش فێربوون زیاد دەکات.

٢٢ وریایی سەرچاوەی ژیانە بۆ خاوەنەکەی،
بەڵام تەمبێکردنی گێلەکان گێلایەتییە.

٢٣ دڵی کەسی دانا ڕێنمایی دەمی دەکات و
بەسەر لێوان فێربوون زیاد دەکات.

٢٤ قسەی جوان شانەی هەنگوینە،
بۆ دەروون شیرینە و بۆ ئێسك چاکبوونەوەیە.

---

[a] ٦ ئەم قوربانییەی کە تووڕەیی خودا لادەدات.

[b] ١٠ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

٢٥ ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاست دیارە،
بەڵام کۆتاییەکەی بەرەو مردنە.

٢٦ نەوسی کرێکار بۆ خۆی ڕەنج دەدات،
برسێتییەکەی پاڵی پێوەدەنێت.

٢٧ کەسی دڵڕەش کای کۆن بە با دەکات[a] و
لەسەر لێوەکانیشی ئاگری کڵپەدارن.

٢٨ کەسی درۆزن دووبەرەکی دەوروژێنێت و
دەمشڕ دۆستی نزیك لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

٢٩ کەسی توندڕەو دراوسێی خۆی تەفرە دەدات و
بە ڕێگایەکدا دەیبات کە باش نییە.

٣٠ ئەوەی چاو دەقوچێنێت پیلان بۆ درۆ
دادەڕێژێت،
ئەوەی لێوی دەکرۆژێت خراپە بە ئەنجام
دەگەیەنێت.

٣١ ڕیش سپییێتی تاجی شانازییە،
لە ڕێگای ڕاستودروستییەوە دەستدەکەوێت.

٣٢ ئەوەی درەنگ توورە بێت لە پاڵەوان باشترە،
هەروەها ئەوەی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت باشترە
لەوەی شارێك دەگرێت.

٣٣ تیروپشك هەڵدەدرێتە کۆش،
بەڵام هەموو بڕیارێکی لەلایەن یەزدانەوەیە.

١٧ باشترە پارووێکی وشك بە ئارامییەوە
لە ماڵێکی پڕ لە خوانی ئامادەکراو، بە
ناکۆکی.

٢ بەندەی وریا بەسەر کوڕی شەرمەزاردا زاڵ
دەبێت و
لەگەڵ برایانی میرات بەشدەکات.

٣ بۆتە[b] بۆ زیوە و کوورە بۆ زێڕ،
یەزدانیش دڵ تاقی دەکاتەوە.

٤ بەدکار گوێ لە لێوی خراپ دەگرێت،
درۆزنیش گوێ دەداتە زمانی گرفتخواز.

٥ ئەوەی گاڵتە بە هەژار بکات سووکایەتی بە
دروستکەرەکەی دەکات،
ئەوەی بە بەڵا دڵی خۆشبێت بێ سزا
دەرناچێت.

٦ منداڵی منداڵ تاجی پیرانە،
شانازی کوڕانیش باوکانن.

٧ قسەی نەستەق لە گێل ناوەشێتەوە،
لەوەش زیاتر قسەی درۆ لە میر.

٨ بەرتیل بەردی گرانبەهایە لەبەرچاوی
خاوەنەکەی،
ڕوو لە هەر لایەك بکات سەردەکەوێت.

٩ ئەوەی تاوان دادەپۆشێت پەرە بە خۆشەویستی
دەدات،
بەڵام ئەوەی باسی بابەتەکە بکاتەوە دۆستی
نزیك لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

١٠ سەرزەنشتکردنێك بۆ تێگەیشتوو
قووڵترە لە سەد جار دارکاریکردن بۆ گێل.

١١ کەسی خراپ تەنها داواکاری یاخی بوونە،
لەبەر ئەوە فریشتەی مەرگی بۆ دەنێردرێت.

١٢ باشترە تووشی دەڵەورچێکی سك سووتاو بیت،
نەك گێلێك لە گێلایەتییەکەی خۆی.

١٣ ئەوەی پاداشتی چاکە بە خراپە بداتەوە،
خراپە ماڵی بەرنادات.

١٤ دەستپێکردنی ناکۆکی وەك تەقینی بەنداوە،
جا پێش ئەوەی ناکۆکییەکە بتەقێتەوە وازی
لێبهێنە.

١٥ بێتاوانکردنی خراپەکار و تاوانبارکردنی
ڕاستودروست،
هەردووك قێزەونن لەلای یەزدان.

١٦ بۆچی پارە بکەوێتە دەست پیاوی گێل؟

[a] ٢٧ عیبری: هەڵکەندنی خراپە.

[b] ٣ دەفرێکی کانزایی سەختە بۆ تواندنەوەی کانزای دیکە تێیدا بەکاردێت.

کە ئارەزووی نییە بۆ کڕینی دانایی!

١٧ برادەر هەموو کاتێك خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت،
براش بۆ تەنگانە لەدایك دەبێت.

١٨ کەسی تێنەگەیشتوو تەوقە دەکات[a] و
بە تەواوی دەبێتە کەفیلی دراوسێکەی.

١٩ ئەوەی حەز لە ناکۆکی بکات حەز لە گوناه دەکات،
ئەوەی دەرگای خۆی بڵند بکات داوای شکان دەکات.

٢٠ ئەوەی دڵخراپ بێت چاکە نایەتە ڕێی،
ئەوەی زمان خوار بێت تووشی خراپە دەبێت.

٢١ ئەوەی گێلی ببێت تووشی خەفەت دەبێت،
باوکی ڕۆڵەی دەبەنگیش دڵخۆشی نابینێت.

٢٢ دڵی شادمان تەندروستی دەبەخشێت،
بەڵام ڕۆحی تێکشکاو ئێسك وشك دەکات.

٢٣ بەدکار بە نهێنی بەرتیل وەردەگرێت
تاکو ڕێچکەی دادپەروەری خوار بکاتەوە.

٢٤ کەسی تێگەیشتوو چاوی لەسەر داناییە،
بەڵام گێل چاودەبڕێتە ئەوپەڕی زەوی.

٢٥ کوڕی گێل خەمە بۆ باوکی و
تاڵییە بۆ ئەو دایکەی لێی بووە.

٢٦ پێبژاردن بە کەسی ڕاستودروست باش نییە،
هەروەها دارکاریکردنی کەسی خانەدان لەبەر دەستپاکی.

٢٧ ئەوەی قسەی خۆی ڕاگرێت خاوەن زانیارییە،
ئەوەی ڕۆح ئارام بێت پیاوی تێگەیشتنە.

٢٨ تەنانەت گێلیش کە بێدەنگ بێت بە دانا دادەنرێت،
ئەوەی لێویشی لێك نەکاتەوە بە تێگەیشتوو.

١٨

کەسی دوورەپەرێز دوای ئارەزووی خۆی کەوتووە،
بە ڕووی هەموو داناییەکی تەواودا دەتەقێتەوە.

٢ گێل خۆشی لە تێگەیشتن نابینێت،
بەڵکو بە پەخشکردنی ئەوەی لە دڵیدایە.

٣ بە هاتنی خراپەکار سووکایەتیش دێت،
لەگەڵ شەرمەزاریش ڕیسوایی.

٤ قسەی دەمی مرۆڤ ئاوێکی قووڵە،
بەڵام سەرچاوەی دانایی ڕووبارێکی هەڵچووە.

٥ نە لایەنگری خراپەکار باشە،
نە بێبەشکردنی ڕاستودروست لە دادپەروەری.

٦ لێوەکانی کەسی گێل دەیهێننە ناو ناکۆکییەوە،
دەمی بانگی لێدان دەکات.

٧ دەمی گێل دەبێتە هۆی لەناوچوونی،
لێوەکانیشی تەڵەن بۆ گیانی.

٨ قسەکانی دەمشڕ وەك پارووی بەتامە،
شۆڕ دەبێتەوە ناو ورگ.

٩ ئەوەی سست بێت لە کارەکەی
برای وەستای وێرانکردنە.

١٠ ناوی یەزدان قوللەیەکی بەهێزە،
کەسی ڕاستودروست بۆ ئەوێ ڕادەکات و پەناگیر دەبێت.

١١ سامانی دەوڵەمەند شاری قەڵابەندیەتی،
وەك شوورایەکی بڵندە بە خەیاڵی ئەو.

١٢ پێش شکستهێنان دڵی مرۆڤ بەفیزە،
بەڵام پێش ڕێزلێنان بێفیزە.

١٣ ئەوەی وەڵامی شتێك بداتەوە پێش بیستنی
دەبێتە مایەی گێلایەتی و شەرمەزاری بۆی.

١٤ ڕۆحی مرۆڤ بەرگەی نەخۆشی دەگرێت،
بەڵام ڕۆحی تێکشکاو کێ بەرگەی دەگرێت؟

١٥ دڵی پیاوی تێگەیشتوو زانیاری وەردەگرێت،

---

[a] ١٨ تەوقەکردن بە مەبەستی ڕێککەوتن بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەك.

گوێی دانایانیش داوای زانینی لێ دەکات.

[١٦] دیاری مرۆڤ ڕێگای خۆش دەکات و
بەرەو ئامادەبوونی گەورە پیاوانی دەبات.

[١٧] ئەوەی یەکەم جار سکاڵا بکات لەوە دەچێت ڕاست بێت،
هەتا نزیکەکەی دێت و لێی دەکۆڵێتەوە.

[١٨] تیروپشك ناکۆکی دەبڕێنێتەوە و
بەهێزەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

[١٩] خراپە دەرهەق بە برا، ئاشتکردنەوەی لە شاری قەڵابەند سەخترە،
ناکۆکیش وەك شمشیرەی[a] قەڵایە.

[٢٠] لە بەروبوومی دەمی مرۆڤ سکی تێردەبێت،
لە دروێنەی لێوەکانی خۆی تێر دەخوات.

[٢١] مردن و ژیان بە دەست زمانە،
ئەوەی حەزی لێی بێت بەروبوومەکەی دەخوات.

[٢٢] ئەوەی ژنێکی دەست بکەوێت خێرێکی دەست دەکەوێت،
ڕەزامەندی یەزدانیش بەدەستدەهێنێت.

[٢٣] هەژار بۆ بەزەیی دەپاڕێتەوە،
بەڵام دەوڵەمەند بە ڕەقی وەڵام دەداتەوە.

[٢٤] پیاو برادەری زۆر بێت خۆی گرفتار دەکات،
بەڵام دۆستێك هەیە لە برا نزیکترە.

١٩ هەژارێك ڕێگای تەواوەتی گرتبێت
باشترە لەوەی زمان خوار و گێلە.

[٢] دڵگەرمی بەبێ زانیاری باش نییە و
ئەوەی پەلە بە پێیەکانی بکات بە هەڵەدا دەچێت.

[٣] مرۆڤ بە گێلایەتییەکەی ڕێگای خۆی وێران دەکات،
کەچی دڵی لە دژی یەزدان هەڵدەچێت.

[٤] دەوڵەمەندییەتی برادەری زۆر پەیدا دەکات،
بەڵام هەژار برادەرەکەشی لێی جیا بووەتەوە.

[٥] شایەتی درۆزن بێ سزا نابێت،
ئەوەی درۆ پەخش دەکات دەرباز نابێت.

[٦] زۆر کەس هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی میر دەدەن،
هەمووش دۆستی پیاوی بەخشندەن.

[٧] پیاو هەژار بێت براکانی خۆشی ڕقیان لێی دەبێتەوە،
لەوەش زیاتر هاوڕێیەکانی لێی دوور دەکەونەوە!
بە پاڕانەوەکانی دوایان دەکەوێت،
بەڵام بێ سوودە.

[٨] ئەوەی دانایی دەست بکەوێت خۆی خۆشدەوێت،
ئەوەی بایەخ بە تێگەیشتن بدات چاکە دەدۆزێتەوە.

[٩] شایەتی درۆزن بێ سزا نابێت،
ئەوەی درۆ پەخش بکات لەناودەچێت.

[١٠] گێل خۆشگوزەرانیی لێ ناوەشێتەوە،
لەوەش زیاتر دەسەڵاتداربوونی کۆیلە بەسەر میرانەوە.

[١١] وریایی مرۆڤ تووڕەبوونی خاودەکاتەوە،
شانازیشی لێبوردنە لە یاخیبوون.

[١٢] هەڵچوونی پاشا وەك نەڕەی شێرە،
بەڵام ڕەزامەندییەکەی وەك شەونمە بەسەر گیاوە.

[١٣] کوڕی گێل ماڵوێرانی باوکییەتی،
ناکۆکی ژنیش دڵۆپەکردنی بەردەوامە.

[١٤] ماڵ و سامان میراتی باوکانە،
بەڵام ژنی وریا لەلایەن یەزدانەوەیە.

[a] ١٩ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

١٥ تەمبەڵی خەوی قووڵ دەهێنێت،
کەسی سست برسی دەبێت.

١٦ ئەوەی ڕاسپاردە[a] بپارێزێت گیانی خۆی
دەپارێزێت،
بەڵام ئەوەی بە سووکی بڕوانێتە ڕێگای خۆی
لەناودەچێت.

١٧ ئەوەی بەزەیی بە هەژاردا بێتەوە قەرز بە یەزدان
دەدات،
ئەویش پاداشتی چاکەکەی دەداتەوە.

١٨ کوڕەکەت تەمبێ بکە ئەوەندەی ئومێد تێدایە،
بەڵام بە کوشتنی مەدە.

١٩ ئەوەی زۆر تووڕە بێت بەرگەی ئەنجامەکەی
دەگرێت،
چونکە ئەگەر جارێك فریای بکەویت دەبێت
دووبارەی بکەیتەوە.

٢٠ گوێ لە ڕاوێژ بگرە و تەمبێکردن وەربگرە،
بۆ ئەوەی دانا بیت لە دواڕۆژت.

٢١ مرۆڤ پلانی زۆری لە دڵدایە،
بەڵام تەنها ڕاوێژی یەزدان دەچەسپێت.

٢٢ ئارەزووی مرۆڤ لە خۆشەویستی نەگۆڕە،
هەژار لە پیاوی درۆزن باشترە.

٢٣ لەخواترسی بۆ ژیانە،
بە تێری دەنوێت و خراپە بەسەری ناکاتەوە.

٢٤ تەمبەڵ دەست دەخاتە ناو قاپ،
تەنانەت بۆ دەمیشی نابات.

٢٥ لە گاڵتەجاڕ بدە و ساویلکە ژیر دەبێت،
تێگەیشتوو سەرزەنشت بکە زانیاری تێدەگات.

٢٦ ئەوەی باوکی تاڵان بکات و دایکی دەربکات،
کوڕێکە مایەی شەرمەزاری و ڕیسوایی.

٢٧ ڕۆڵە، ئەگەر وازت لە گوێگرتن هێنا لە ڕاوێژ،
لە وتەکانی زانیاری گومڕا دەبیت.

٢٨ شایەتی دڵڕەش گاڵتە بە دادپەروەری دەکات،
دەمی بەدکارانیش تاوان قووت دەدات.

٢٩ سزا بۆ گاڵتەجاڕەکان ئامادەکراوە،
لێدانیش بۆ پشتی گێلەکان.

٢٠ شەراب گاڵتەجاڕە و مەستی غەڵبەغەڵب
دەکات،
ئەوەی پێی وێڵ بێت دانا نییە.

٢ هەڵچوونی پاشا وەك نەڕەی شێرە،
ئەوەی تووڕەیی بکات لە دژی گیانی خۆی
تاوان دەکات.

٣ وازهێنان لە ناکۆکی ڕێزدارییە بۆ پیاو،
بەڵام هەموو گێلێك هەڵیدەگیرسێنێت.

٤ لە زستاندا تەمبەڵ زەوی ناکێڵێت،
بۆیە لە دروێنەدا سواڵ دەکات و دەستی
ناکەوێت.

٥ پلان لە دڵی مرۆڤدا ئاوێکی قووڵە،
بەڵام تێگەیشتوو دەریدەهێنێت.

٦ زۆر کەس بانگەشەی خۆشەویستی نەگۆڕ
دەکەن،
بەڵام کەسی جێگای متمانە کێ دەیدۆزێتەوە؟

٧ کەسی ڕاستودروست بە ڕێگای تەواوی خۆیدا
دەڕوات،
دوای خۆی خۆزگە بە منداڵەکانی دەخوازرێت.

٨ پاشای دانیشتوو لەسەر تەختی دادوەری،
بە چاوەکانی هەموو خراپەیەك شەن دەکات.

٩ کێیە دەڵێت: «دڵی خۆمم بێگەرد ڕاگرت،
پاك بوومەوە لە گوناهم»؟

١٠ دوو کێش و دوو پێوانەی لاسەنگ[b]،
هەردووکیان قێزەونن لەلای یەزدان.

١١ تەنانەت منداڵیش بە کردارەکانی دەناسرێت،

[a] ١٦ تەوراتی موسا.

[b] ١٠ بەکارهێنانی دوو کێشی جیاواز، یەکێك بۆ کڕین و یەکێك بۆ فرۆشتن.

ئاخۆ کردەوەکەی پاک و ڕاستە.

١٢ گوێ کە دەبیستێت و چاو کە دەبینێت،
یەزدان دروستکەری هەردووکیانە.

١٣ حەز لە خەو مەکە نەوەک هەژار بیت،
چاوت کراوە بێت و تێر نان بە.

١٤ کڕیار دەڵێت: «خراپە، خراپە!»
بەڵام کە ڕۆیشت شانازی پێوە دەکات.

١٥ زێڕ هەیە و یاقووت[a] زۆرە،
بەڵام لێوی زانیاری گەوهەرێکی بەهادارە.

١٦ ئەگەر کەسێک بووە کەفیلی نامۆیەک کەواکەی لێ وەربگرە،
لەبەر بێگانەکە بارمتەی لێ وەربگرە.

١٧ بەتامە بۆ مرۆڤ نانی بە فێڵ،
بەڵام دواتر دەمی پڕ دەبێت لە چەو.

١٨ پلانەکان بە ئامۆژگاری دێنە دی،
بە ڕاوێژ بجەنگە.

١٩ دەمشڕ نهێنی ئاشکرا دەکات،
بۆیە تێکەڵی چەنەباز مەبە.

٢٠ ئەوەی نەفرەت لە دایک و باوکی بکات،
لەناو جەرگەی تاریکیدا چرای دەکوژرێتەوە.

٢١ میراتێک لە سەرەتای ژیان و بە زوویی دەست بکەوێت
کۆتاییەکەی بێ بەرەکەت دەبێت.

٢٢ مەڵێ: «خراپە بە خراپە دەدەمەوە.»
چاوەڕێی یەزدان بکە ڕزگارت دەکات.

٢٣ یەزدان قێزی لە بەکارهێنانی دوو کێشی جیاواز دەبێتەوە،
تەرازووی لاسەنگ باش نییە.

٢٤ هەنگاوەکانی مرۆڤ لە یەزدانەوەیە،
ئیتر مرۆڤ چۆن لە ڕێگای خۆی تێدەگات؟

٢٥ تەڵەیە بۆ مرۆڤ بە سەرەڕۆیی نەزرێک تەرخان بکات،
ئینجا پاش نەزرەکە پرسوڕا بکات.

٢٦ پاشای دانا بەدکاران شەن دەکات،
بە جەنجەڕ بەسەریاندا دێت.

٢٧ چرای یەزدان ڕۆحی مرۆڤ دەپشکنێت،
هەروەها هەموو ناخی دەروونیش.

٢٨ خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی پاشا دەپارێزن،
بە خۆشەویستی نەگۆڕ تەختی دەچەسپێت.

٢٩ شانازی لاوان هێزیانە،
ڕیش سپییێتیش شکۆمەندی پیرانە.

٣٠ برینی لێدان خراپە پاک دەکاتەوە،
لێدانی قامچیش ناخی دەروون.

## ٢١

دڵی پاشا لەناو دەستی یەزدان جۆگەی ئاوە،
بۆ کوێ بیەوێت ئاراستەی دەکات.

٢ هەموو ڕێگاکانی مرۆڤ لەبەرچاوی خۆی ڕاستە،
بەڵام یەزدان دڵەکان هەڵدەسەنگێنێت.

٣ کارکردن بە ڕاستودروستی و دادپەروەری
لەلای یەزدان لە قوربانی سەربڕین پەسەندترە.

٤ چاوی بەفیز و دڵی لەخۆبایی
چرای بەدکارانن و گوناهن.

٥ پلانی مرۆڤی ماندوو بەرەو پڕییە،
بێگومان هەموو هەڵەشەیەکیش بەرەو نەبوونییە.

٦ کۆکردنەوەی سامان بە زمانی درۆ
هەڵمە دەڕەوێتەوە و تەڵەی مردنە.

٧ زۆرداری بەدکارەکان ڕایاندەماڵێت،
چونکە ڕەتیان کردەوە دادپەروەری بکەن.

٨ ڕێگای پیاوی تاوانبار خوارە،
بەڵام کەسی پاک کرداری ڕاستە.

[a] ١٥ یاقووت: گەوهەری سووری تۆخ.

٩ باشترە لە گۆشەی سەربانێك نیشتەجێ بیت،
نەك ماڵێکی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی شەڕانی.

١٠ کەسی بەدکار ئارەزووی خراپە دەکات،
دراوسێکەی بەزەیی لێی نابینێت.

١١ بە سزادانی گاڵتەجاڕ ساویلکە دانا دەبێت،
بە فێرکردنی داناش زانیاری وەردەگرێت.

١٢ خودای ڕاستودروست سەرنج دەداتە ماڵی
خراپەکار،
خراپەکاران لە خراپە سەرەوژێر دەکات.

١٣ ئەوەی گوێی خۆی لە هاواری هەژاران کەڕ
بکات،
ئەویش هاوار دەکات و وەڵام نادرێتەوە.

١٤ دیاری بە نهێنی تووڕەیی سارد دەکاتەوە،
بەرتیلی ناو باخەڵیش هەڵچوونی توند.

١٥ ئەنجامدانی دادپەروەری دڵخۆشی
ڕاستودروستانە،
بەڵام تۆقاندنی بەدکارانە.

١٦ پیاو لە ڕێگای وریایی وێڵ بێت
لەناو کۆمەڵی مردووان پاڵدەداتەوە.

١٧ ئەوەی حەزی لە ڕابواردن بێت هەژار دەبێت،
ئەوەی حەز لە شەراب و ڕۆن بکات دەوڵەمەند
نابێت.

١٨ بەدکار دەبێتە قوربانی بۆ کەسی ڕاستودروست،
ناپاکانیش بۆ سەرڕاستان.

١٩ باشترە لە چۆڵەوانی نیشتەجێ بیت،
نەك لەگەڵ ئافرەتێکی شەڕانی و تووڕە.

٢٠ گەنجینەی خۆراکی باش و ڕۆن لە ماڵی کەسی
دانا هەیە،
بەڵام کەسی گێل هەڵدەلووشێت.

٢١ ئەوەی دوای ڕاستودروستی و خۆشەویستی
نەگۆڕ بکەوێت،
ژیان و ڕاستودروستی و ڕێزداری دەدۆزێتەوە.

٢٢ پیاوی دانا بە شاری پاڵەوانەکاندا هەڵدەگەڕێت و
قەڵا پشتبەستەکەیان وێران دەکات.

٢٣ ئەوەی دەم و زمانی خۆی بپارێزێت،
خۆی لە تەنگانە دەپارێزێت.

٢٤ لووتبەرز و لەخۆبایی بە گاڵتەجاڕ ناودەبردرێت،
بە لێشاوی لووتبەرزییەوە ڕەفتار دەکات.

٢٥ ئارەزووی کەسی تەمبەڵ دەیکوژێت،
چونکە دەستەکانی ئیش ڕەت دەکەنەوە،
٢٦ بە درێژایی ڕۆژ تامەزرۆی ئارەزووە،
بەڵام کەسی ڕاستودروست دەبەخشێت و
دەستی پێوە ناگرێت.

٢٧ قوربانی بەدکاران قێزەونە،
لەوەش زیاتر ئەگەر بە نیازێکی خراپەوە
بیکات!

٢٨ شایەتی درۆزن لەناودەچێت،
بەڵام قسەی پیاوی گوێگر دەچەسپێت.

٢٩ پیاوی بەدکار ناوچەوانی خۆی گرژ دەکات،
بەڵام سەرڕاست ئاگای لە ڕێگای خۆیەتی.

٣٠ دانایی و تێگەیشتن و ڕاوێژ نییە
لە دژی یەزدان سەربکەوێت.

٣١ ئەسپ ئامادەیە بۆ ڕۆژی جەنگ،
بەڵام ڕزگاری لە یەزدانەوەیە.

## ٢٢

ناوبانگی چاك لە دەوڵەمەندی گەورە
خوازراوترە،
پەسەندی چاکیش لە زێڕ و زیو باشترە.

٢ دەوڵەمەند و هەژار لەمەدا یەکدەگرنەوە،
دروستکەری هەردووکیان یەزدانە.

٣ ژیر خراپە دەبینێت و خۆی دەشارێتەوە،
بەڵام ساویلکە مل پێوەدەنێت و سزا دەدرێ.

٤ پاداشتی بێفیزی و لەخواترسی
دەوڵەمەندی و ڕێزداری و ژیانە.

٥ چقڵ و تەڵە لە ڕێگای پیاوی خواردایە،
بەڵام ئەوەی خۆی بپارێزێت لێی دوور دەکەوێتەوە.
٦ منداڵ لەسەر ئەو ڕێگایە ڕابهێنە کە پێویستە بیگرێت،
پیریش بێت لێی لا نادات.
٧ دەوڵەمەند بەسەر هەژاردا حوکم دەکات،
قەرزاریش کۆیلەی خاوەن قەرزە.
٨ ئەوەی ناڕەوایی بچێنێت دروێنەی خراپە دەکات،
کوتەکی تووڕەییشی دەفەوتێت.
٩ ئەوەی چاوتێر بێت بەرەکەتدار دەبێت،
چونکە لە نانی خۆی دەداتە هەژار.
١٠ گاڵتەجاڕ دەربکە، ناکۆکی دەڕوات،
دووبەرەکی و ڕیسواییش نامێنێت.
١١ ئەوەی حەزی لە دڵپاکی بێت و قسەی شیرین بێت
پاشا دەبێتە دۆستی.
١٢ چاوی یەزدان چاودێری زانیاری دەکات،
بەڵام قسەی ناپاکان سەرەوژێر دەکات.
١٣ تەمبەڵ دەڵێت: «شێرێك لە دەرەوەیە!
ئەگەر بچمە گۆڕەپانەکان دەکوژرێم!»
١٤ دەمی ژنی بەدڕەوشت چاڵێکی قووڵە،
ئەوەی بەر تووڕەیی یەزدان بکەوێت دەکەوێتە ناوی.
١٥ گێلی بە دڵی منداڵەوە گرێدراوە،
بەڵام گۆچانی تەمبێکردن دووری دەخاتەوە لێی.
١٦ ئەوەی زۆرداری لە هەژار بکات بۆ ئەوەی بۆ خۆی زیاد بکات و
ئەوەی بە دەوڵەمەند ببەخشێت، بێگومان هەردووکیان بەرەو نەبوونییە.

## قسەی دانایان

١٧ گوێ شل بکە و قسەی دانایان ببیستە،
دڵت بدە زانیاری من،
١٨ چونکە جوانە ئەگەر لە ناختدا هەڵیبگریت و
تێکڕا لەسەر لێوەکانت بچەسپێن.
١٩ بۆ ئەوەی پشتبەستنت بە یەزدان بێت،
ئەمڕۆ تۆ فێر دەکەم، بەڵێ تۆ.
٢٠ ئایا سی پەندم بۆ نەنووسیوی
سەبارەت بە ڕاوێژ و زانیاری،
٢١ بۆ ئەوەی دروستی قسەی ڕاستیت فێر بکەم،
هەتا وەڵامە ڕاستییەکان بدەیتەوە ئەوانەی کە تۆیان ناردووە؟
٢٢ هەژار تاڵان مەکە لەبەر هەژارییەکەی و
نەبوون وردوخاش مەکە لە دادگا،
٢٣ چونکە یەزدان بەرگری لە کێشەکەیان دەکات و
ئەوانەی تاڵانیان دەکەن گیانیان تاڵان دەکات.
٢٤ مەبە برادەری کەسی تووڕە،
هاوڕێیەتی کەسی هەڵچوو مەکە،
٢٥ نەوەك لە ڕێچکەی ئەوان ڕابێیت،
خۆت تووشی تەڵە بکەیت.
٢٦ لەوانە مەبە کە تەوقە دەکەن[a]،
دەستەبەری قەرزی خەڵك مەکە.
٢٧ ئەگەر نەتبوو بیدەیتەوە،
بۆچی نوێنەکەی ژێرت ببردرێت.
٢٨ سنووری کۆن مەگوازەوە،
ئەوەی باوباپیرانت دایانناوە.
٢٩ ئایا ئەو کەسەت بینیوە بە دەستوبردە لە کارەکەی؟
لەبەردەم پاشاکان ڕادەوەستێت[b]،
نەك لەبەردەم خەڵکی بێ ناوبانگ.

[a] ٢٦ تەوقەکردن بە مەبەستی ڕێککەوتن بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەك.
[b] ٢٩ کارکردن لەنێو دەستەی خزمەتکارانی پاشا.

٢٣ کە دانیشتی لەگەڵ فەرمانڕەوایەك نان بخۆیت،
باش وردبەرەوە لەوەی لەپێشتە.
[٢] چەقۆیەك لە گەرووت دابنێ،
ئەگەر تۆ نەوسنی.
[٣] ئارەزووی خواردنە خۆشەکانی مەکە،
چونکە ئەم نانە بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنە.

[٤] خۆت ماندوو مەکە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بیت،
بە تێگەیشتنەوە وازی لێ بهێنە.
[٥] چاو لە دەوڵەمەندی دەبڕیت و نییە،
چونکە بێگومان باڵ دەگرێت،
وەك هەڵۆ بەرەو ئاسمان دەفڕێت.

[٦] نانی کەسی بەرچاوتەنگ مەخۆ،
ئارەزووی خواردنە خۆشەکانی مەکە.
[٧] چونکە جۆرە کەسێکە
هەردەم بیری لەلای تێچوونەکانە،
پێت دەڵێت: «بخۆ و بنۆشە.»
بەڵام دڵی لەگەڵت نییە.
[٨] ئەو پارووەی خواردووتە دەیڕشێنیتەوە و
قسە شیرینەکانت بە با دەدەیت.

[٩] قسە بۆ گێل مەکە،
چونکە گاڵتەی بە دانایی قسەکانت دێت.
[١٠] سنوورە کۆنەکان مەگوازەوە،
هەروەها مەچووە ناو کێڵگەی هەتیوان،
[١١] چونکە ئەوەی دەیانپارێزێت بە توانایە،
ئەو بەرگری لە کێشەکەیان دەکات لە دژی تۆ.

[١٢] دڵت ئاراستەی تەمبێکردن بکە و
گوێشت بەرەو قسەی زانیاری.

[١٣] ڕێگری لە تەمبێکردنی منداڵ مەکە،
ئەگەر بە گۆچان لێی بدەیت نامرێت.
[١٤] تۆ بە گۆچان لێی بدەیت،
گیانی لە مردن دەرباز دەبێت.

[١٥] ڕۆڵە، ئەگەر دڵت دانایە،
منیش دڵم خۆش دەبێت.
[١٦] ناخم شادمان دەبێت،
کە لێوەکانت ڕاستییەکان دەڵێن.

[١٧] دڵت ئیرەیی بە گوناهباران نەبات،
بەڵکو بە درێژایی ڕۆژ بە پەرۆش بە بۆ لەخواترسی.
[١٨] چونکە بێگومان دواڕۆژت دەبێت،
ئومێدی تۆ نابڕێت.

[١٩] ڕۆڵە، تۆ گوێ بگرە و دانابە،
دڵت بەرەو ڕێگای ڕاستی ئاراستە بکە.
[٢٠] لەوانە مەبە کە شەراب زۆر دەخۆنەوە،
یان ئەوانەی گۆشت زۆر دەخۆن،
[٢١] چونکە مەیخۆر و زۆر خۆر هەژار دەبن،
ئەوەی زۆر بخەوێت پینەوپەڕۆ لەبەر دەکات.

[٢٢] گوێ لە باوکت بگرە کە تۆی خستووەتەوە،
دایکت کە پیر بوو گاڵتەی پێ مەکە.
[٢٣] ڕاستی بکڕە و مەیفرۆشە،
هەروەها دانایی و تەمبێکردن و تێگەیشتن.
[٢٤] باوکی کەسی ڕاستودروست زۆر دڵخۆش دەبێت،
ئەوەی کوڕێکی دانای ببێت پێی شادمان دەبێت.
[٢٥] با دایك و باوکت شادمان بن،
ئەوەی تۆی بووە دڵخۆش بێت.

[٢٦] ڕۆڵە، دڵی خۆتم بدەرێ،
با چاوەکانت لەسەر ڕێگاکانم بێت،
[٢٧] چونکە لەشفرۆش چاڵێکی قووڵە و
ژنی داوێنپیس بیرێکی تەنگە.
[٢٨] تەنانەت ئەویش وەك چەتە لە بۆسەدا دەبێت،
ناپاك[a] لەنێو خەڵك زۆر دەکات.

[٢٩] واوەیلا بۆ کێیە؟ پەژارەیی بۆ کێیە؟
ناکۆکی بۆ کێیە؟ سکاڵاکردن بۆ کێیە؟
برینی بەخۆڕایی بۆ کێیە؟ چاو سووربوونەوە بۆ کێیە؟
[٣٠] بۆ ئەوانەی بە دیار شەرابەوە لەنگەر دەگرن،

---

[a] ٢٨ ناپاکی هاوسەرییەتی.

ئەوانەی شەرابی تێکەڵاو تاقی دەکەنەوە.
٣١ تەماشای شەراب مەکە بە ڕەنگی سووری،
کە لەناو جام پڕشنگی داوە،
بە سووکی دەچێتە خوارەوە!
٣٢ لە کۆتاییەکەی وەك مار دەتگەزێت و
وەك تووڵەمار پێتەوەدەدات.
٣٣ چاوەکانت شتی نامۆ دەبینن و
وڕێنەی سەیر و سەمەرە دەکەیت.
٣٤ وەك یەکێك دەبیت لەناو دڵی دەریا پاڵکەوتبێت،
یان وەك یەکێك بەسەر دارئاڵای کەشتییەوە
پاڵکەوتبێت.
٣٥ دەڵێی: «لێیان دام، ئازارم نەبوو!
کوتامیان، نەمزانی!
کەی بە هۆش خۆم دێمەوە،
هەتا بەردەوام بم و بخۆمەوە؟»

# ٢٤

ئیرەیی بە پیاوخراپان مەبە،
ئارەزوو مەکە لەگەڵیاندا بیت،
٢ چونکە دڵیان پیلانی زۆرداری دەکێشێت و
لێوەکانیان باسی گرفتنانەوە دەکەن.

٣ بە دانایی ماڵ بنیاد دەنرێت،
بە تێگەیشتنیش دەچەسپێت،
٤ بە زانیاریش ژوورەکان پڕ دەبن
لە هەموو گەنجینەیەکی بە نرخ و جوان.

٥ پیاوی دانا بەتوانایە،
کەسی زانا هێزی زیاد دەبێت.
٦ چونکە بە ڕاوێژەوە شەڕ دەکەیت،
سەرکەوتنیش بە زۆری ئامۆژگارانە.

٧ دانایی بەرزە بۆ گێل،
لە کۆڕی ناو دەروازەدا[a] دەمی لێك ناکاتەوە.

٨ ئەوەی بیر لە خراپە بکاتەوە،
بە تەڵەکەباز ناودەبردرێت.
٩ پیلانی گێلایەتی گوناهە،
خەڵك قێزیان لە گاڵتەجاڕە.

١٠ ئەگەر وڕە بەردەیت لە ڕۆژی تەنگانە،
کەم هێزیت!

١١ ئەوانە دەرباز بکە کە بۆ مردن دەبردرێن و
لەوانەی بۆ سەربڕین پاڵخراون، کەمتەرخەم
مەبە.
١٢ ئەگەر بڵێی: «ئەوەتا ئەمەم نەزانیوە،»
ئایا هەڵسەنگێنەری دڵەکان تێناگات؟
ئەوەی گیانت دەپارێزێت ئایا نازانێت؟
ئایا سزای مرۆڤ بەپێی کردەوەکانی ناداتەوە؟

١٣ ڕۆڵە، هەنگوین بخۆ چونکە باشە و
شیلەی هەنگوین لە گەرووت شیرینە،
١٤ هەروەها بزانە دانایی بۆ گیانت بەم جۆرەیە.
ئەگەر دانایی بدۆزیتەوە دواڕۆژت دەبێت و
ئومێدبڕ نابیت.

١٥ وەك خراپەکار خۆت مەڵاس مەدە بۆ ماڵی کەسی
ڕاستودروست،
هەڵمەکوتە سەر جێی حەسانەوەی،
١٦ چونکە کەسی ڕاستودروست حەوت جار
دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە،
بەڵام کارەسات بەدکاران تێکدەشکێنێت.

١٧ بە ساتمەکردنی دوژمنت شاد مەبە،
بە کەوتنیشی دڵت خۆش نەبێت،
١٨ نەوەك یەزدان ببینێت و بەلایەوە خراپ بێت،
جا تووڕەیی خۆی لێ بگێڕێتەوە.

١٩ مەراق لە خراپەکاران مەخۆ،
ئیرەیی بە بەدکاران مەبە،
٢٠ چونکە خراپەکار دواڕۆژی نابێت و
چرای بەدکاران دەکوژێتەوە.

٢١ ڕۆڵە، لە یەزدان و پاشا بترسە،
تێکەڵی یاخیبووەکان مەبە،
٢٢ چونکە بەڵایان لەپڕ دێت،
بەڵای هەردووکیان کێ دەیزانێت؟

[a] ٧ مەبەست لە کۆڕی خەڵکی شارە بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە پرسە گرنگەکان.

## قسەی دیکەی دانایان

[٢٣] هەروەها ئەمەش قسەی دانایانە:

لایەنگریکردن لە دادوەری باش نییە.
[٢٤] ئەوەی بە بەدکار بڵێت: «تۆ بێتاوانی،»
گەلان نەفرەتی لێ دەکەن و نەتەوەکان
تاوانباری دەکەن.
[٢٥] بەڵام ئەوانەی بەدکار تاوانبار دەکەن دەکەونە
خۆشی و
بەرەکەتی باشیان بەسەردا دەڕژێت.

[٢٦] وەڵامی ڕاست
وەك ماچی لێوە.

[٢٧] کاروباری خۆت لە دەرەوە ڕاپەڕێنە و
لە کێڵگەکەت ئامادەی بکە،
دوای ئەمەماڵی خۆت بنیاد بنێ.

[٢٨] بەبێ هۆ لە دژی دراوسێکەت شایەتی مەدە،
بە لێوەکانت فێڵ مەکە.
[٢٩] مەڵێ: «چی لێکردووم، ئاوای لێ دەکەم،
سزای ئەو پیاوە بەپێی کردەوەکەی
دەدەمەوە.»

[٣٠] بەلای کێڵگەی پیاوی تەمبەڵ تێپەڕیم،
بەلای ڕەزەمێوی کەسی تێنەگەیشتووش.
[٣١] چقڵ هەمووی داگرتبوو،
گەزگەزکە هەمووی داپۆشی بوو،
کەڵەکە بەردەکانی ڕووخابوو.
[٣٢] تەماشام کرد و لە دڵی خۆمدا لێکم دایەوە،
بینیم و وانەم لێ وەرگرت:
[٣٣] کەمێك خەوتن، کەمێك خەواڵووبوون،
کەمێکیش دەست تێکنان بۆ ڕاکشان،
[٣٤] ئینجا هەژاریت وەك چەتە دێت،
نەبوونیشت وەك چەکدار.

## پەندەکانی دیکەی سلێمان

٢٥ ئەمانەش هەر پەندی سلێمانن کە پیاوەکانی حەزقیای پاشای یەهودا نووسیویانەتەوە:

[٢] شکۆمەندی خودا لە شاردنەوەی بابەتدایە،
ڕێزداری پاشایان لە لێکۆڵینەوەی بابەتدایە.
[٣] هەروەك ئاسمان بۆ بەرزییە و زەوی بۆ قووڵییە،
دڵی پاشایانیش ناپشکنرێت.

[٤] خڵت لە زیو داماڵە،
ئەو کاتە دەتوانرێت کەرەستەی لێ
دروستبکرێت.
[٥] بەدکار لەبەردەم پاشا داماڵە،
بە ڕاستودروستی تەختەکەی دەچەسپێت.

[٦] لەبەردەم پاشا خۆت بەرز مەکەرەوە،
لە شوێنی گەورە پیاوان ڕامەوەستە.
[٧] وا چاکترە پێت بگوترێت: «سەربکەوە بۆ ئێرە،»
نەك لەلای میر تەریق بیتەوە.

ئەوەی بە چاوی خۆت بینیت،
[٨] خێرا مەیبە بۆ دادگا،
چونکە لە کۆتاییەکەی چی دەکەیت
ئەگەر دراوسێکەت شەرمەزاری کردیت؟

[٩] کە باسی کێشەکەت دەکەیت لەگەڵ
دراوسێکەت،
نهێنی خەڵکی دیکە مەدرکێنە،
[١٠] نەوەك گوێگرێك شەرمەزارت بکات،
جا ناوە زڕاوەکەت لێ نابێتەوە.

[١١] سێوێکی زێڕە و لە زیو گیراوە،
ئەو قسەیەی لە کاتی خۆیدا دەکرێت.
[١٢] وەك گوارەی زێڕە و خشڵی زێڕی بێگەردە،
سەرزەنشتی دانا بۆ گوێی بیسەر.

[١٣] وەك ساردی بەفرە لە ڕۆژی دروێنەدا،
نوێنەری دەستپاك بۆ ئەوانەی دەینێرن،
دڵی گەورەکانی فێنك دەکاتەوە.

[١٤] هەور و بای بێ بارانە،
ئەوەی شانازی بە دیاری بکات و نەیبەخشێت.
[١٥] بە نەسرەوتن فەرمانڕەوا قایل دەکرێت،
زمانی نەرمیش ئێسك دەشکێنێت.
[١٦] ئەگەر هەنگوینت دۆزییەوە بەگوێرەی پێویست بیخۆ،
ئەگینا پڕ دەبیت و دەیڕشێنیتەوە.
[١٧] بە کەمی پێت لە ماڵی دراوسێکەت دابنێ،
ئەگینا لێت تێر دەبێت و ڕقی لێت دەبێتەوە.
[١٨] وەك کوتەك و شمشێر و تیری تیژە،
ئەوەی شایەتی درۆ لەسەر دراوسێکەی بدات.
[١٩] وەك ددانی کلۆر و قاچی لەجێچووە،
پشتبەستن بە ناپاك لە ڕۆژی تەنگانەدا.
[٢٠] وەك داکەندنی بەرگ لە ڕۆژی سەرمادا،
یان سرکەیە بەسەر سۆدەدا،[a]
چڕینی گۆرانی بۆ دڵتەنگ.
[٢١] ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو نانی دەرخوارد بدە،
ئەگەر تینووی بوو ئاوی بدەرێ.
[٢٢] بەمە پشکۆ لەسەر سەری کەڵەکە دەکەیت،[b]
یەزدانیش پاداشتت دەداتەوە.
[٢٣] بای باکوور باران دەهێنێت،
زمانی پاشملەش ڕووی گرژ.
[٢٤] باشترە لە گۆشەی سەربانێك نیشتەجێ بیت،
نەك ماڵێکی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی شەڕانی.
[٢٥] وەك ئاوی ساردە بۆ گیانێکی شەکەت،
هەواڵی خۆش لە وڵاتێکی دوور.
[٢٦] وەك کانییەکی لێڵ و بیرێکی بۆگەنە،
ئەو کەسە ڕاستودروستەی لەبەردەم بەدکار کۆڵ دەدات.
[٢٧] زۆر خواردنی هەنگوین باش نییە،
ڕێزدار نابێت ئەوەی داوای ڕێزلێنان بۆ خۆی دەکات.
[٢٨] وەك شارێکی ڕووخاوی بێ شوورایە،
ئەو پیاوەی بەسەر خۆیدا زاڵ نەبێت.

# ٢٦

وەك بەفر لە هاوین و باران لە کاتی دروێنەدا،
ئاواش ڕێزلێنان لە گێل ناوەشێتەوە.
[٢] وەك چۆلەکەی فڕیو و پەڕەسێلکەی باڵگرتوو،
ئاواشە نەفرەت بەبێ هۆ نایێت.
[٣] قامچی بۆ ئەسپ و لغاو بۆ گوێدرێژە،
کوتەکیش بۆ پشتی گێلەکانە.
[٤] وەڵامی گێل مەدەوە وەك گێلایەتییەکەی،
نەوەك تۆش وەك ئەوت لێ بێت.
[٥] وەڵامی گێل بدەوە بەپێی گێلایەتییەکەی،
نەوەك لەبەرچاوی خۆی ببێت بە دانا.
[٦] وەك بڕینەوەی قاچەکانی خۆیەتی و نۆشینی ستەمە،
ئەوەی بە دەستی گێل پەیام بنێرێت.
[٧] وەك شۆڕبوونەوەی قاچەکانی گۆجە،
پەند لە دەمی گێلەکان.
[٨] وەك گرێدانی بەرد بە بەردەقانییەوە،
ئەوەی ڕێز لە گێل دەگرێت.
[٩] وەك دڕکە لە دەستی سەرخۆش،
پەند لە دەمی گێلەکان.
[١٠] وەك تیرهاوێژێکە کوێرانە لە خەڵك بگرێت،
بەکرێگری گێل و ڕێبوار.
[١١] وەك سەگ بگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی،
گێلیش گێلایەتییەکەی دووبارەی دەکاتەوە.
[١٢] کەست بینیوە لەبەرچاوی خۆی دانا بێت؟
گێل لەو زیاتر ئومێدی پێ دەکرێت.
[١٣] تەمبەڵ دەڵێت: «شێر لەسەر ڕێگایە،
نەڕەشێر لەنێو گۆڕەپانەکانە.»
[١٤] دەرگا لەسەر ڕێزە دەسووڕێتەوە،
تەمبەڵیش لەناو نوێنەکەی.

---

[a] ٢٠ لە تێکەڵکردنی سرکە و سۆدەدا کارلێکی کیمیایی ڕوودەدات، هەڵدەچێت و ئۆکسجینی لێ دەردەچێت.
[b] ٢٢ بەم کارە شەرمەزار دەبێت و پەشیمانی دەکەیتەوە.

١٥ تەمبەڵ دەست دەخاتە ناو قاپ،
زەحمەتە بۆی بیباتە ناو دەمی.
١٦ تەمبەڵ لەبەرچاوی خۆی داناترە لە حەوت کەس
کە وەڵامی ژیرانە دەدەنەوە.

١٧ وەك گرتنی سەگێکە بە گوێیەکانی
ئەوەی ڕێبوارە و خۆی دەخاتە ناو
ناکۆکییەکەوە کە هی ئەو نییە.

١٨ وەك شێتێکە
پشکۆ و تیری مەرگ بهاوێژێت،
١٩ ئاوایە ئەوەی فێڵ لە دراوسێکەی بکات و
بڵێت: «تەنها گاڵتەم کرد!»

٢٠ دار نەبێت ئاگر دەکوژێتەوە،
دەمشڕ نەبێت دووبەرەکی نامێنێت.
٢١ خەڵووز بۆ پشکۆ و دار بۆ ئاگرە،
پیاوی شەڕانگێزیش بۆ ورووژاندنی ناکۆکییە.
٢٢ قسەکانی دەمشڕ وەك پارووی بەتامە،
شۆڕ دەبێتەوە ناو ورگ.

٢٣ وەك گۆزەی گڵینی داپۆشراوە بە خڵتی زیو
قسەی شیرین لە دڵێکی خراپەوە.
٢٤ قین لە دڵ بە لێوەکانی خۆی دەشارێتەوە،
بەڵام لە ناخیدا فڕوفێڵ دادەنێتەوە.
٢٥ ئەگەر قسەی شیرینی کرد باوەڕی پێ مەکە،
چونکە حەوت شتی قێزەون لە دڵیدایە.
٢٦ هەرچەندە بە فێڵ قینی خۆی بشارێتەوە،
خراپەی لەناو کۆمەڵدا ئاشکرا دەبێت.
٢٧ ئەوەی چاڵێك هەڵکەنێت خۆی تێی دەکەوێت،
ئەوەی بەردێك گلۆر بکاتەوە بەرەو خۆی
دەگەڕێتەوە.
٢٨ زمانی درۆ ڕقی لەوانە دەبێتەوە کە بریندارییان
دەکات،
زمانی لووسیش وێرانکاری دەکات.

## ٢٧

شانازی بە سبەینێ مەکە،
چونکە نازانی ڕۆژ چی لێ دەکەوێتەوە.

٢ با نامۆ ستایشت بکات نەك دەمی خۆت،
بێگانە نەك لێوەکانت.
٣ بەرد قورسە و لم بە سەنگە،
بەڵام تووڕەیی گێل لە هەردووکیان قورسترە.
٤ هەڵچوون توندوتیژە و تووڕەیی لێشاوە،
بەڵام کێ لەبەردەم ئیرەیی خۆ ڕادەگرێت؟
٥ سەرزەنشتی ئاشکرا
لە خۆشەویستی شاردراوە باشترە.
٦ برینی دۆست دڵسۆزییە،
بەڵام ماچی دوژمن بە فێڵە.
٧ کەسی تێر پێ لە هەنگوین دەنێت،
بەڵام بۆ برسی هەموو تاڵێتییەك شیرینە.
٨ وەك چۆلەکەی وێڵ بوو لە هێلانەکەی،
ئاوایە مرۆڤی وێڵ لە هەواری خۆی.
٩ بۆن و بخورد دڵ خۆش دەکەن،
شیرینی برادەریش لە پەرۆشی ڕاوێژە.
١٠ واز لە برادەرەکانی خۆت و باوکت مەهێنە،
لە ڕۆژی لێقەومانت مەچووە ماڵی برات،
دراوسێی نزیك لە برای دوور باشترە.
١١ ڕۆڵە، دانابە و دڵم خۆش بکە،
بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوانە بدەمەوە کە لۆمەم
دەکەن.
١٢ ژیر خراپە دەبینێت و خۆی دەشارێتەوە،
بەڵام ساویلکە مل پێوەدەنێت و سزا دەدرێ.
١٣ ئەگەر کەسێك بووە کەفیلی نامۆیەك کەواکەی
لێ وەربگرە[a]،
لەبەر بێگانەکە بارمتەی لێ وەربگرە.
١٤ ئەوەی بە دەنگی بەرز داوای بەرەکەت بۆ
دراوسێکەی بکات لە بەیانی زوودا،
بە نەفرەت بۆی ئەژمارد دەکرێت.
١٥ دڵۆپەکردنی بەردەوام لە ڕۆژی باران،

[a] ١٣ وەرگرتنی جلوبەرگ وەك بارمتە نەریت بووە.

هەروەك ئافرەتی شەڕانییە.
١٦ ئەوەی دەستەمۆی بکات، با دەستەمۆ دەکات،
بە دەستە ڕاستی زەیت دەگرێت.

١٧ ئاسن بە ئاسن تیژ دەکرێت و
مرۆڤیش ڕووی برادەرەکەی تیژ دەکات.[a]

١٨ ئەوەی چاودێری دار هەنجیرێك بکات بەرەکەی دەخوات،
ئەوەی گەورەکەی خۆی بپارێزێت ڕێزی دەگیرێت.

١٩ وەك لە ئاودا وێنەدانەوەی ڕوو دەبینرێت،
ئاواش دڵی مرۆڤ وێنەی مرۆڤەکە دەداتەوە.

٢٠ جیهانی مردووان و لەناوچوون تێر نابن،
هەروەها چاوی مرۆڤیش تێر نابێت.

٢١ بۆتە بۆ زیوە و کوورە بۆ زێڕ،
مرۆڤیش بە دەمی ستایشکەرەکەی تاقی دەکرێتەوە.

٢٢ هەرچەندە گێل لەناو هاون بکوتی،
لەگەڵ دانەوێڵە بە دەسکە هاون،
گێلایەتییەکەی لێی جیا نابێتەوە.

٢٣ باش حاڵی مێگەلەکانت بزانە،
دڵت هەر لەلای ڕانە مەڕەکانت بێت،
٢٤ چونکە دەوڵەمەندی هەتاسەر نییە،
تاجیش نەوە بە نەوە بەردەوام نابێت.
٢٥ کاتێك کا نامێنێت و گیا دەردەکەوێت،
گیاوگۆڵی شاخان کۆدەکرێنەوە،
٢٦ بەرخەکان بۆ جلوبەرگ و
گیسکەکانیش بۆ نرخی کێڵگە.
٢٧ بەپێی پێویست شیری بزنیشت دەبێت
کە بەشی خواردنی خۆت و خێزانەکەت و
بژێوی کەنیزەکانت دەکات.

[a] ١٧ کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دەبێت لە بیرکردنەوە و بڕیاردان.

## ٢٨

بەدکار بێ ئەوەی کەس ڕاوی بنێت هەڵدێت؟
بەڵام ڕاستودروست وەك بەچکە شێر چاونەترسە.

٢ کە یاخیبوون لە خاکێك هەبێت میری زۆر دەبێت،
بەڵام فەرمانڕەوایەکی تێگەیشتوو و زانا نیشتیمان بەرقەرار دەکات.

٣ ئەو سەرکردەیەی هەژاران بچەوسێنێتەوە،
بارانێکی بەخوڕە هیچ خۆراکێك ناهێڵێتەوە.

٤ ئەوانەی واز لە تەورات[b] دەهێنن ستایشی بەدکار دەکەن،
بەڵام پارێزەرانی تەورات دژایەتییان دەکەن.

٥ پیاوخراپان لە دادپەروەری تێناگەن،
بەڵام ئەوانەی ڕوو لە یەزدان دەکەن تەواو تێدەگەن.

٦ باشترە هەژار ڕێگای تەواوەتی گرتبێت،
لە دەوڵەمەند کە ڕێگاکان خواردەکاتەوە.

٧ ئەوەی تەورات بپارێزێت کوڕێکی تێگەیشتووە،
بەڵام هاوڕێی دەستبڵاوان باوکی خۆی ڕیسوا دەکات.

٨ ئەوەی بە سوو و بازاڕگرانکردن سامانی خۆی زۆر بکات،
بۆ یەکێکی کۆدەکاتەوە کە بەزەیی بە نەداران دێتەوە.

٩ ئەوەی گوێی دابخات لە بیستنی فێرکردنەکەم،
تەنانەت نوێژەکەشی قێزەونە.

١٠ ئەوەی سەرڕاستان وێڵی ڕێگای خراپە بکات،
دەکەوێتە ئەو چاڵەوە کە خۆی هەڵیکەندووە،
بەڵام ئەوانەی کە بێ کەموکوڕین میراتی باشیان بەردەکەوێت.

١١ دەوڵەمەند لەبەرچاوی خۆی دانایە،

[b] ٤ فێرکردن.

بەڵام هەژاری تێگەیشتوو دەیپشکنێت.

١٢ لە سەرکەوتنی ڕاستودروستان شانازییەکی گەورە هەیە،
بەڵام لە هەستانی بەدکاران خەڵکی خۆیان دەشارنەوە.

١٣ ئەوەی گوناهەکانی خۆی بشارێتەوە سەرناکەوێت،
بەڵام دانپێدانەر و وازلێهێنەر بەر بەزەیی دەکەوێت.

١٤ خۆزگە دەخوازرێ بە کەسێك بەردەوام لە یەزدان بترسێت،
بەڵام ئەوەی دڵی خۆی ڕەق بکات دەکەوێتە خراپەوە.

١٥ وەك شێرێکی بە نەڕەنەڕ و ورچێکی هەڵچووە،
فەرمانڕەوای بەدکار بەسەر گەلی نەدارەوە.

١٦ فەرمانڕەوای ناتێگەیشتوو زۆرداری زۆر دەکات،
بەڵام ئەوەی ڕقی لە دەستکەوتی ناڕەوا بێت تەمەن درێژ دەبێت.

١٧ ئەوەی خوێنی کەسێکی لە مل بێت
هەتا ڕۆژی مردنی هەڵاتوو دەبێت.
با کەس پشتیوانی نەکات.

١٨ ئەوەی بە ڕێگای تەواویدا بڕوات ڕزگار دەبێت،
بەڵام ئەوەی ڕێگاکانی خوار بکات لەپڕ دەکەوێت.

١٩ ئەوەی خزمەتی زەوی خۆی بکات تێر نان دەبێت،
بەڵام ئەوەی دوای هیچوپووچی بکەوێت تێر هەژاری دەبێت.

٢٠ کەسی دڵسۆز بەرەکەتی زۆرە،
بەڵام ئەوەی بە پەلە بێت بۆ دەوڵەمەندی بێ سزا نابێت.

٢١ لایەنگری باش نییە،
بەڵام مرۆڤ بۆ لەتە نانێك گوناه دەکات.

٢٢ کەسی بەرچاوتەنگ بە پەلەیە بۆ دەوڵەمەندی،
بەڵام نازانێت نەبوونی بۆ دێت.

٢٣ ئەوەی کەسێك سەرزەنشت بکات لە کۆتاییدا پەسەندتر دەبێت
لەوەی زمانلووسی دەکات.

٢٤ ئەوەی دایك و باوکی تاڵان بکات و
بڵێت: «ئەمە گوناه نییە!»
ئەو کەسە هاوبەشی کاولکارانە.

٢٥ چاوبرسی ناکۆکی دەوروژێنێت،
بەڵام ئەوانەی پشت بە یەزدان دەبەستن سەرکەوتوو دەبن.

٢٦ ئەوەی پشت بە بیرکردنەوەی خۆی ببەستێت گێلە،
بەڵام ئەوەی بە ڕێگای داناییدا بڕوات دەرباز دەبێت.

٢٧ ئەوەی بە هەژار ببەخشێت نەبوون نابێت،
بەڵام ئەوەی ڕووی لێ وەرگێڕێت نەفرەتی زۆر دەبێت.

٢٨ بە هەستانی بەدکاران خەڵکی خۆیان دەشارنەوە،
بەڵام بە لەناوچوونیان ڕاستودروستان گەشە دەکەن.

٢٩ ئەوەی زۆر سەرزەنشت بکرێت و هەر کەللەڕەق بێت،
لەناکاو تێکدەشکێت و چارەسەریشی نابێت.

٢ کاتێك ڕاستودروستان زۆر بن گەل دڵخۆش دەبێت،
کە بەدکار فەرمانڕەوا بێت گەل دەناڵێنێت.

٣ ئەوەی حەز لە دانایی بکات باوکی دڵخۆش دەکات،
هاوڕێی لەشفرۆشانیش سامان بەفیڕۆ دەدات.

٤ پاشا بە دادوەری وڵات ڕادەگرێت،

بەڵام ئەگەر بەدوای پارە بکەوێت وێرانی
دەکات.
٥ ئەو کەسەی لەگەڵ دراوسێکەی زمانلووسی بکات
داو لەبەرپێی دەنێتەوە.
٦ لە گوناهی پیاوخراپ تەڵە هەیە،
بەڵام کەسی ڕاستودروست گۆرانی دەڵێت و
دڵخۆش دەبێت.
٧ کەسی ڕاستودروست گرنگی بە مافی هەژار
دەدات،
بەڵام بەدکار ئەو گرنگییە تێناگات.
٨ گاڵتەجاڕان شار دەخەنە ئاژاوەوە،
بەڵام دانایان تووڕەیی کپ دەکەنەوە.
٩ ئەگەر پیاوێکی دانا گێلێك بداتە دادگا،
گێلەکە تووڕە بێت یان گاڵتەی پێ بێت، بەڵام
ئاشتی نابێت.
١٠ خوێنڕێژان ڕقیان لە کەسی دروست دەبێتەوە،
بەڵام سەرڕاستان ژیانی دەپارێزن.
١١ گێل هەرچی تووڕەیی لە دڵدایە دەریدەبڕێت،
بەڵام دانا خۆی دەگرێت.
١٢ ئەگەر فەرمانڕەوایەك گوێ لە قسەی درۆ
بگرێت،
هەموو خزمەتکارەکانی دەبنە بەدکار.
١٣ هەژار لەگەڵ زۆردار لەمەدا لە یەکتری دەچن:
یەزدان ڕووناکی بە چاوی هەردووکیان دەدات.
١٤ ئەگەر پاشایەك بە ڕاستی دادوەری هەژاران
بکات،
تەختەکەی هەتاهەتایە دەچەسپێت.
١٥ داری تەمبێکردن دانایی دەبەخشێت،
بەڵام منداڵ جڵەوی بەربدرێت دایکی خۆی
شەرمەزار دەکات.
١٦ کاتێك بەدکاران گەشە دەکەن گوناە زۆر دەبێت،
بەڵام ڕاستودروستان کەوتنیان دەبینن.

١٧ کوڕەکەت تەمبێ بکە دەتحەسێنێتەوە،
چێژ دەداتە گیانت.
١٨ بەبێ سروش[a] گەل بەڕەڵا دەبێت،
بەڵام ئەوەی تەورات پەیڕەو بکات خۆزگەی پێ
دەخوازرێت.
١٩ خزمەتکار تەنها بە قسە تەمبێ نابێت،
هەرچەندە تێدەگات، بەڵام گوێی ناداتێ.
٢٠ ئەو کەسەت بینیوە بە پەلەیە لە قسەکانی؟
گێل لەو زیاتر ئومێدی پێ دەکرێت.
٢١ ئەوەی خزمەتکارەکەی لە منداڵییەوە بە ناز
ڕابگرێت،
لە کۆتاییدا لێی هەڵدەگەڕێتەوە.
٢٢ کەسی تووڕە ناکۆکی دەوروژێنێت،
کەسی هەڵچووش گوناهی زۆرە.
٢٣ لووتبەرزی مرۆڤ خۆی نزم دەکاتەوە،
بەڵام بێفیز ڕێزدار دەبێت.
٢٤ هاوبەشی دز ڕقی لە خۆی دەبێتەوە،
سوێند دەخوات و دانی پێدا نانێت.
٢٥ ترسی مرۆڤ تەڵە دەنێتەوە،
بەڵام ئەوەی پشت بە یەزدان ببەستێت پەناگیر
دەبێت.
٢٦ زۆر کەس داوای ڕەزامەندی فەرمانڕەوایان
دەکەن،
بەڵام مرۆڤ لەلایەن یەزدانەوە دادپەروەری
بەدەستدەهێنێت.
٢٧ قێزی ڕاستودروستان لە کەسی ناڕەوایە،
قێزی بەدکاریش لەوەیە کە ڕێگای ڕاستە.

[a] ١٨ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

## قسەی ئاگور

٣٠ قسەی ئاگوری کوڕی یاقە و سروشەکەی:
ئەم پیاوە بۆ ئیتیێلی[a] ڕاگەیاند
بۆ ئیتیێل و بۆ ئوخال:

٢ «من لە هەموو مرۆڤێك دەبەنگترم،
تێگەیشتنی مرۆڤانەم نییە.
٣ فێری دانایی نەبووم و
ناسینی خودای پیرۆزم نییە.
٤ کێ بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و هاتە خوارەوە؟
کێ بای لەناو هەردوو لەپی خۆی کۆکردەوە؟
کێ ئاوی لەناو جلدا پێچایەوە؟
کێ هەموو لایەکی زەوی دامەزراند؟
ناوی چییە؟ ناوی کوڕەکەی چییە؟
ئەگەر دەیزانیت پێم بڵێ!

٥ «هەموو وشەیەکی خودا بێگەردە،
قەڵغانە بۆ ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن.
٦ هیچ شتێك بۆ وشەکانی زیاد مەکە،
نەوەك سەرزەنشتت بکات و بە درۆزن
دەربچیت.

٧ «ئەی یەزدان، دوو شتم لێ داوا کردیت،
لێمی قەدەغە مەکە پێش مردنم:
٨ شتی پووچ و قسەی درۆم لێ دووربخەوە،
هەژاری یان دەوڵەمەندیم مەدەرێ،
نانی پێویستی خۆم دەرخوارد بدە.
٩ نەوەك تێر بم و نکۆڵیت لێبکەم و
بڵێم: ”یەزدان کێیە؟“
یان نەوەك هەژار بم و دزی بکەم و
ناوی خودای خۆم بێ ڕێز بکەم.

١٠ «بوختان بە خزمەتکار مەکە لەلای گەورەکەی،
نەوەك نەفرەتت لێ بکات و تاوانبار بیت.

١١ «نەوەیەك هەیە نەفرەت لە باوکی دەکات و
دایکی پیرۆز ناکات.
١٢ نەوەیەك هەیە لە ڕوانگەی خۆی پاکە،
بەڵام خۆی نەشوشتووەتەوە لە
پیسوپۆخڵییەکەی.
١٣ نەوەیەك هەیە چەند چاو لە هەوراز و
بەرز دەڕوانێت.
١٤ نەوەیەك هەیە ددانەکانی شمشێرن و
کاکیلەکانی چەقۆن،
بۆ خواردنی کلۆڵەکان لەسەر زەوی و
نەدارەکان لەنێو خەڵکی.

١٥ «زەروو[b] دوو کچی هەیە،
هاوار دەکەن: ”بێنە، بێنە!“

«سێ شت هەن تێر نابن،
چوارەمیش ناڵێت، ”بەسە!“:
١٦ جیهانی مردووان و منداڵدانی نەزۆك و
زەوییەك تێر ئاو نەبێت و
ئاگرێك هەرگیز نەڵێت: ”بەسە!“

١٧ «ئەو چاوەی گاڵتە بە باوکی بکات و
سووکایەتی بە گوێڕایەڵی بکات بۆ دایك،
قەلەڕەشەکانی دۆڵ هەڵیدەکۆڵن و
بێچووە سیسارکە کەچەڵ دەیخۆن.

١٨ «سێ شت هەن زۆر سەیرن بۆ من،
چوارەمیش تێناگەم:
١٩ ڕێگای هەڵۆ لە ئاسمان،
ڕێگای مار لەسەر بەرد،
ڕێگای کەشتی لەناو جەرگەی دەریا و
ڕێگای پیاویش لەگەڵ کچ.

٢٠ «ئەمە هەڵسوکەوتی ژنی داوێنپیسە:
دەخوات[c] و دەمی دەسڕێتەوە و
دەڵێت: ”خراپەم نەکردووە!“

٢١ «زەوی لەژێر سێ شتدا دەلەرزێت و
لەژێر چوارەمیش ناتوانێت بەرگە بگرێت،

[a] ١ ئیتیێل: بڕوانە نەحەمیا ١١:٧.

[b] ١٥ زێروو، جۆرە کرمێکی مشەخۆرە، هەروەها لە چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆ مژینی خوێن بەکاردێت.

[c] ٢٠ مەبەست لێی جووت دەبێت.

[٢٢] خزمەتکارێك کە بووبێتە پاشا،
گێلێك کە تێر نان بێت،
[٢٣] ئافرەتێك بێ ناز بێت و مێرد بکات،
کەنیزەیەك ببێت بە میراتگری خاتوونەکەی.

[٢٤] «چوار شت هەن لەسەر زەوی بچووکن
بەڵام لە دانایان داناترن:
[٢٥] مێرووله کۆمەڵێکی بێهێزن،
بەڵام لە هاویندا خواردنی خۆیان ئەمبار
دەکەن.
[٢٦] گۆڕهەڵکەنە کۆمەڵێکی بێ توانان،
بەڵام لەناو بەرد لانەکانیان دروستدەکەن.
[٢٧] کولله پاشایان نییە،
بەڵام هەموویان پۆل پۆل دەجولێن.
[٢٨] مارمێلکە بەدەست دەگیرێن،
بەڵام لە کۆشکی پاشادان.

[٢٩] «سێ شت هەن هەنگاویان سەنگینە و
چوارەمیش ڕۆیشتنی سەنگینە:
[٣٠] شێر کە پاڵەوانی هەموو گیاندارەکانە،
لە ڕووی هیچ شتێك ناگەڕێتەوە،
[٣١] کەڵەشێری بە فیز، تەگە،
پاشایەکیش لە سەرکردایەتی لەشکرەکەی.

[٣٢] «ئەگەر گێلایەتیت کرد بە خۆهەڵکێشانت،
یان پیلانی خراپت نایەوە،
دەستت بخەرە سەر دەمت!
[٣٣] چونکە شیر بهەژێنیت کەرەی لێ دەردەچێت،
لووت بهەژێنیت خوێنی لێ دێت،
تووڕەییش بهەژێنیت ناکۆکی لێ پێدا دەبێت.»

## قسەی لەموئێلی پاشا

٣١ قسەی لەموئێلی پاشا، ئەو سروشەی کە دایکی فێری کرد:

[٢] چی ڕۆڵە؟ چی ڕۆڵەی هەناوم؟
چی ڕۆڵەی نەزرەکانم؟
[٣] هێزت مەدە ژنان،
ڕێگاکانیشت مەدە ژنانی لەناوبەری پاشایان.
[٤] ئەی لەموئێل، بۆ پاشایان نییە،
بۆ پاشایان نییە شەراب بنۆشن،
بۆ میرانیش نییە ئارەزووی ئارەق بکەن،
[٥] نەوەك بخۆنەوە و یاسا لەبیر بکەن،
مافی ستەملێکراوان زەوت بکەن.
[٦] ئارەق بدە بەوەی لەناودەچێت،
شەرابیش بەوانەی دەروونیان تاڵە.
[٧] با بخواتەوە و هەژارییەکەی لەبیر بکات،
ئیتر ماندووبوونەکەی نایەتەوە یاد.
[٨] دەمت بکەرەوە بۆ لاڵ[a]،
بۆ مافی هەموو دەربەدەران.
[٩] دەمت بکەرەوە و بە ڕاستودروستی دادوەری
بکە،
پارێزگاری لە مافی کلۆڵان و نەداران بکە.

## بەشی کۆتایی[b]: ژنی خانەدان

[١٠] کێ ژنی خانەدانی دەست دەکەوێت؟
نرخی لە یاقووت[c] گرانترە.
[١١] مێردەکەی بە تەواوی پشتی پێ دەبەستێت و
لە هیچی کەم نابێت.
[١٢] چاکەی بۆ دەکات نەك خراپە
بە درێژایی ژیانی.
[١٣] خوری و کەتان هەڵدەبژێرێت،
بە دوو دەستی پەرۆشەوە ئیش دەکات.
[١٤] وەك کەشتی بازرگان وایە،
خۆراکی خۆی لە دوورەوە دەهێنێت.
[١٥] هێشتا شەوە لە خەو هەڵدەستێت،
خواردن بۆماڵەوە ئامادە دەکات و
ئەرك بۆ کارەکەرەکان دیاری دەکات.

---

[a] ٨ مەبەست ئەو کەسانەیە کە ناوێرن و ناتوانن داوای مافەکانیان بکەن.

[b] ٩ هەر دێڕە هەڵبەستێك لە بەشی کۆتاییدا بە پیتێك دەستپێدەکات، بەپێی ڕیزبەندی ئەلفبێی عیبری.

[c] ١٠ یاقووت: گەوهەری سووری تۆخ.

١٦ لە کێڵگەیەك ورد دەبێتەوە و دەیکڕێت،
بە قازانجی دەستی ڕەزەمێوێك دەچێنێت.
١٧ ناوقەدی توند دەبەستێت و
بازووی لێ هەڵدەکات.
١٨ دەبینێت بازرگانییەکەی چاکە،
بە شەو چرای ناکوژێتەوە.
١٩ خوری بە بازوویەوە دەئاڵێنێت و
تەشی لەناو لەپیدایە.
٢٠ دەستەکانی بۆ کلۆڵ دەکاتەوە و
دەست درێژ دەکات بۆ نەداران.
٢١ ترسی ماڵەکەی نییە لە بەفر،
چونکە هەموو ماڵەکەی بەرگی ئاڵیان[a]
لەبەردایە.
٢٢ چەرچەف بۆ نوێنەکەی دروستدەکات،
کەتانی ناسك و ڕیسی ئەرخەوانی لەبەر
دەکات.
٢٣ مێردی لە دەروازەکانی شاردا ناسراوە،
لەوێ لەگەڵ پیرانی شارەکە دادەنیشێت.
٢٤ کراسی کەتان دروستدەکات و دەیفرۆشێت،
پشتێن بۆ بازرگانان[b] دابین دەکات.
٢٥ هێز و ڕێز بەرگی ئەون،
پێدەکەنێت بۆ ڕۆژانی ئایندە.
٢٦ دەمی بە دانایی دەکاتەوە و
فێرکردنەکانی میهرەبانی لەسەر زمانییەتی.
٢٧ چاودێری هاتوچۆی ماڵومنداڵەکەی دەکات،
نانی تەمبەڵی ناخوات.
٢٨ منداڵەکانی هەڵدەستن و خۆزگەی پێ دەخوازن،
مێردەکەشی ستایشی دەکات:
٢٩ «زۆر ژن خانەدان بوونە،
بەڵام تۆ لە سەرووی هەموویانی.»
٣٠ شۆخ و شەنگی فریودەرە و جوانی پووچە،
بەڵام ئەو ئافرەتەی لە یەزدان بترسێت، ستایش
دەکرێت.
٣١ بەری دەستی خۆی بدەنێ و
با لە دەروازەکانی شاردا کردەوەکانی ستایشی
بکەن.

[a] ٢١ بەرگی گەرم و ڕەنگ ئاڵ بووە، هەروەك لە کوردی پێی دەگوترێ قەستۆر یان پەستەك.

[b] ٢٤ عیبری: کەنعانییەکان، بە مەبەستی بازرگانی گەڕۆك.

# ژیرمەندی

## کورتە باسێك

**مردن و دادپەروەری ڕاستی لە ژیان دەچەسپێنن.**

حەزرەتی سلێمان بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز ئەو پەڕتووکەی نووسیوە، شارەزایان پێیان وایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی بەر لە زایین. ئەم پەڕتووکە لایەنی تاریکی فەلسەفەی مرۆڤ بەدەردەخات کە پێی وایە دەتوانێ بەبێ خودا ئاشتی ببینێتەوە بەڵام لە کۆتاییدا لە تاریکی زیاتر هیچ نابینێتەوە. ئەم پەڕتووکە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە ژیان بریتییە لە لەخواترسی و بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکانی (بڕوانە ١٣:١٢). ئەمەش ئەنجامێکی ئەرێنییە لەدوای پیشاندانی زنجیرەیەك وێنە و هەڵوێست کە هەموویان تێکەوتنی ژیان نیشان دەدەن ئەگەر مرۆڤ لە خودا دووربکەوێتەوە، سامان و دانایی یان ناوبانگ و چێژوەرگرتن هەموویان شتی پووچن و وەك گڤەی بایە. تەنها کاتێك مرۆڤ ڕوو لە شتە هەڵخەڵەتێنەرەکانی ئەو ژیانە وەردەگێڕێت و ڕوو لە خودا دەکات خۆشی ڕاستەقینە دەبینێتەوە.

لێرەدا وانەیەکی نەرێنی هەیە دەکرێ لەم پەڕتووکەوە فێری بین، سەبارەت بە کۆمەڵێك کاروبارە پێویستە خۆمان لێیان لابدەین و نەیانکەین. ئەم وانەیە باسی لایەنی خراپی هەوڵدانی ژیان دەکات بە مەبەستی هاتنەدی خۆشحاڵی کەسایەتی خۆویست و گرنگی نەدان بە خەڵکی دیکە و خودای دروستکەرمان. بەڵام لێرەدا لایەنێکی ئەرێنی دیکە هەیە، وا دەکات مرۆڤ هۆشیارتر بێت لە تێوەگلانی بە کاروبارە جیهانییەکان، ئەو کاتە دەتوانێت بزانێ کە چی لەسەر پێویستە بیکات.

### هەرچی هەیە بێ واتایە

١ وتەکانی وتاربێژی ژیرمەند، کوڕی داود، پاشا لە ئۆرشەلیم:

٢ وتاربێژی ژیرمەند دەڵێت:
«بێ واتای بێ واتایان!
بێ واتا هەر بێ واتایە!
هەرچی هەیە بێ واتایە.»

٣ مرۆڤ لە هەموو ماندووبوونەکەی چی بۆ دەمێنێتەوە،
کە لەسەر زەوی[a] پێوەی ماندوو دەبێت؟
٤ نەوەیەك دێت و نەوەیەك دەڕوات،
بەڵام زەوی هەتاهەتایە هەر هەیە.
٥ خۆر هەڵدێت و خۆرئاوا دەبێت،
بە پەلەیە بۆ شوێنەکەی لەوێوە هەڵدێت.
٦ با هەڵدەکات بەرەو باشوور و
دەسووڕێتەوە بەرەو باکوور،
دەسووڕێتەوە و دەسووڕێتەوە،
هەمیشە بۆ خولگەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.
٧ هەرچەندە هەموو ڕووبارەکان بەرەو دەریا دەچن،
بەڵام دەریا هەر پڕ نابێت.
ڕووبارەکان بۆ شوێنەکەی خۆیان دەچنەوە،
بۆ ئەوێ دەڕۆن و دەگەڕێنەوە.
٨ هەموو شتەکان ماندووکەرن،
مرۆڤ ناتوانێت دەریانببڕێت.
چاو لە سەیرکردن تێر نابێت و
گوێ لە بیستن پڕ نابێت.
٩ ئەوەی بووە هەر ئەو دەبێت،
ئەوەی کراوە هەر ئەو دەکرێت،
هیچی نوێ لەسەر زەوی نییە.
١٠ هیچ شتێك نییە کە بگوترێت:

[a] ٣ لە عیبری نووسراوە لەژێر خۆردا، بەڵام مەبەست لەسەر زەوییە نەك لەبەر گەرمای هەتاو.

«سەیر بکە، ئەمە نوێیە!»
لە دێرزەمانەوە هەر بووە،
لە سەردەمانی پێش ئێمەوە.
١١ کەس یادی نەوەکانی پێشوو ناکاتەوە،
تەنانەت نەوەکانی داهاتووش
نایەنەوە یادی
ئەوانەی کە لەپاش ئەوان دێن.

## دانایی بێ واتایە

١٢ من کە وتاربێژی ژیرمەندم، پاشای ئیسرائیل بووم لە ئۆرشەلیم. ١٣ لە ڕێگای داناییەوە خۆمم تەرخان کرد بۆ فێربوون و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەموو ئەو کارانەی کە لەسەر زەوی کراون. بارێکی گرانە کە خودا لەسەر شانی مرۆڤی داناوە! ١٤ ڕوانیمە هەموو کردارەکان کە لەسەر زەویدا کراون و ئەوەتا هەمووی بێ واتایە و گڤەی بایە.

١٥ خوار ناتوانرێت ڕاست بکرێتەوە و
ونبوو ناتوانرێت بژمێردرێت.

١٦ لە دڵی خۆمدا گوتم: «ئەوەتا من مەزن بووم، داناییم زۆرتر بوو لە هەموو ئەوانەی پێش من لەسەر تەختی ئۆرشەلیم بوون و دڵم دانایی و زانینی زۆری بینی.» ١٧ ئینجا خۆمم تەرخان کرد بۆ تێگەیشتن لە دانایی، هەروەها شێتی و گێلی، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت ئەمەش بە هەمان شێوە گڤەی بایە.

١٨ چونکە لە زۆری دانایی، پەستی زۆر دەبێت و
ئەوەی زانینی زیاتر بێت خەمی زیاد دەبێت.

## شادی بێ واتایە

٢ من لە دڵی خۆمدا گوتم: «ئێستا وەرە با بە شادی تاقیت بکەمەوە، جا چاکە دەبینیت!» بەڵام ئەمیش بووە شتێکی بێ واتا. ٢ لەبارەی پێکەنینەوە گوتم: «گێلایەتییە، ئەی شادی دەتگەیەنێتە چی؟» ٣ هەوڵم دا ڕۆحی خۆم بە شەراب شاد و گێل بکەم، لەو کاتەی کە هێشتا بیرم بە دانایی ڕێنمایی دەکردم. ویستم ببینم چی بۆ مرۆڤ باشە کە بە درێژایی ڕۆژانی ژیانی لەژێر ئاسماندا بیکات.

٤ کاری مەزنم ئەنجام دا، چەندین ماڵم بۆ خۆم بنیاد نا، چەندین ڕەزم بۆ خۆم چاند، ٥ باخ و بێستانم دروستکرد، لەناویاندا هەموو جۆرە دارێکی بەردارم چاند. ٦ حەوزی ئاوم دروستکرد هەتا لەوێوە دارستانە سەوزەکان ئاو بدەم. ٧ کۆیلە و کەنیزەم کڕی و چەند کۆیلەیەکی دیکەشم هەبوو کە لە ماڵەکەم لەدایک بوون. هەروەها سەرمایەی مەڕ و مانگام زۆرتر بوو لە هەموو ئەوانەی پێش من لە ئۆرشەلیم بوون. ٨ زێڕ و زیو و گەنجینەی پاشاکان و هەرێمەکانم بۆ خۆم کۆکردەوە، چەندین ژن و پیاوی گۆرانیبێژ و کەنیزەم بۆ خۆم دانا. ئەوەی چێژ بداتە مرۆڤ بۆ خۆم دامنا. ٩ مەزن و پایەدارتر بووم لە هەموو ئەوانەی پێش من لە ئۆرشەلیم بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر بە دانایی مامەوە.

١٠ هەرچی چاوم خواستی ڕێم لێ نەگرت،
ئەوەی دڵم پێی خۆش بوو کردم.
دڵم بە هەموو ماندووبوونەکەم خۆش بوو،
ئەمەش پاداشتی هەموو ماندووبوونەکەم بوو.
١١ بەڵام کاتێك سەیری هەموو کارەکانی دەستی خۆمم کرد،
لەوانەی کە پێیانەوە ماندوو ببووم،
بینیم هەمووی بێ واتا بوون وەك گڤەی با.
لەسەر زەوی هیچت بۆ نامێنێتەوە.

## دانایی و گێلایەتی بێ واتان

١٢ پاشان ئاوڕم دایەوە بۆ ئەوەی دانایی و
شێتی و گێلایەتی ببینم،
چونکە ئەو کەسەی کە دوای پاشا دێت
چی زیاتر دەکات، لەوەی پێشتر کراوە؟
١٣ جا بینیم دانایی لە گێلی بەسوودترە،
وەك چۆن ڕووناکی بەسوودترە لە تاریکی.
١٤ دانا چاوی لە سەریدایە،
بەڵام گێل بە تاریکیدا دەڕوات،

پاشان بۆم دەرکەوت
کە هەردووکیان یەك چارەنووسیان هەیە.

١٥ ئینجا لە دڵی خۆمدا گوتم:

«ئەوەی لە گێل ڕوودەدات لە منیش ڕوودەدات،
ئیتر قازانجی چییە کە من داناتربم؟»
لەبەر ئەوە لە دڵی خۆمدا گوتم:
«ئەمەش هەر بێ واتایە.»
١٦ چونکە نە دانا و نە گێل، هەتاهەتایە یاد
ناکرێنەوە.
وەك چۆن لە کۆنەوە ئاواش لە ڕۆژانی داهاتوو
هەموو لەبیر دەچنەوە.
هەروەك گێل، داناش دەمرێت.

## ماندووبوون بێ واتایە

١٧ ئیتر ڕقم لە ژیان هەستا، چونکە ئەوەی لەسەر
زەویدا دەکرێت، لەلام خراپە، هەمووی بێ واتایە و
گڤەی بایە. ١٨ ڕقم لە هەموو ماندووبوونەکەم هەستا
کە لەسەر زەویدا ڕەنجم بۆی کێشا، لەبەر ئەوەی
بە ناچاری بۆ ئەو کەسەی بەجێدەهێڵم کە لەپاش
خۆم دێت. ١٩ کێ دەزانێت ئەو کەسە دانا دەبێت
یان گێل؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەسەر هەموو
ماندووبوونەکەم دەگرێت کە لەسەر زەویدا ڕەنجم
بۆی کێشا. ئەمەش هەر بێ واتایە. ٢٠ ئیتر دڵی خۆم
بێ ئومێد بووە لە هەموو ئەو ماندووبوونە کە لەسەر
زەویدا پێوەی ماندوو بووم. ٢١ لەوانەیە کەسێك بە
دانایی و زانین و کارامەییەوە خۆی ماندوو بکات،
بەڵام بۆ کەسێك کە پێوەی ماندوو نەبووبێت وەك
میرات بەجێی بهێڵێت. هەروەها ئەمەش بێ واتایە
و نەهامەتییەکی گەورەیە. ٢٢ چی تێدایە بۆ مرۆڤ لە
هەموو ئەو ماندووبوون و کۆششەی کە بە دڵەڕاوکێ
لەسەر زەویدا ڕەنجی بۆ دەکێشێت؟ ٢٣ چونکە بە
درێژایی ژیانی کارەکەی پڕ لە خەم و ئازارە، بگرە
لە شەویشدا بیری ئاسوودە نابێت. ئەمەش هەر بێ
واتایە.
٢٤ لەوە باشتر نییە بۆ مرۆڤ کە بخوات و بخواتەوە
و چێژ لە ماندووبوونەکەی ببینێت. هەروەها
ئەمەشم بینی کە لە خوداوەیە، ٢٥ چونکە بەبێ
خودا کێ دەتوانێت بخوات و کێ دەتوانێت خۆشی
ببینێت؟ ٢٦ خودا ئەوەی چاکە لەبەردەمی، دانایی
و زانین و دڵخۆشی دەداتێ، گوناهباریش خەریك
دەکات بە کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و ئەمبارکردنی،
هەتا بیداتە ئەو کەسەی کە خودا پەسەندی دەکات.
ئەمەش بێ واتایە و گڤەی بایە.

## وەرزێك بۆ هەر شتێك

٣ هەر شتێك وەرزی خۆی هەیە،
هەر چالاکییەك لەسەر زەوی کاتی خۆی
هەیە:
٢ لەدایکبوون کاتی خۆی هەیە و مردنیش کاتی
خۆی.
چاندن کاتی خۆی هەیە و هەڵکێشانی
چێنراویش کاتی خۆی.
٣ کوشتن کاتی خۆی هەیە و چاکبوونەوەش کاتی
خۆی،
ڕووخاندن کاتی خۆی هەیە و بنیادنانیش کاتی
خۆی.
٤ گریان کاتی خۆی هەیە و پێکەنینیش کاتی
خۆی.
شیوەن گێڕان کاتی خۆی هەیە و سەماکردن
کاتی خۆی،
٥ بەرد بڵاوکردنەوە کاتی خۆی هەیە و بەرد
کۆکردنەوە کاتی خۆی،
لەئامێزگرتن کاتی خۆی هەیە و
لەئامێزنەگرتنیش کاتی خۆی،
٦ کۆڵدان کاتی خۆی هەیە و کۆڵنەدان کاتی
خۆی،
پارێزگاریکردن کاتی خۆی هەیە و فڕێدان کاتی
خۆی،
٧ دڕاندن کاتی خۆی هەیە و دوورینەوە کاتی
خۆی،

بێدەنگی کاتی خۆی هەیە و قسەکردن کاتی خۆی،
٨ خۆشویستن کاتی خۆی هەیە و ڕق کاتی خۆی،
جەنگ کاتی خۆی هەیە و ئاشتی کاتی خۆی.

[٩]کرێکار چی بۆ دەمێنێتەوە لەوەی خۆی پێوە ماندوو دەکات؟ [١٠]ئەو بارەم بینی کە خودا داویەتی بە ئادەمیزاد هەتا هەڵیبگرن. [١١]خودا هەموو شتێکی دروستکرد کە لە کاتی خۆیدا جوان بێت، هەروەها وای کرد مرۆڤ هەستی ژیانی هەتاهەتایی هەبێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت لە بنجوبنەوانی کاری خودا بگات، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی. [١٢]جا زانیم کە لەوە باشتر نییە بۆ مرۆڤ کە پێی دڵخۆش بێت و چاکە بکات لە ژیانیدا. [١٣]هەروەها کە هەموو مرۆڤێك بخوات و بخواتەوە و چێژ لە هەموو ماندووبوونەکەی ببینێت، ئەوە دیاری خودایە. [١٤]زانیم کە هەموو ئەوەی خودا ئەنجامی دەدات بۆ هەتاهەتایە، هیچی بۆ زیاد ناکرێت و هیچیشی کەم ناکرێتەوە. خودا کردوویەتی بۆ ئەوەی خەڵك لێی بترسن.

[١٥]ئەوەی هەیە پێشتر هەبووە،
ئەوەش کە دەبێت پێشتر بووە،
خوداش لێپرسینەوە لەسەر ڕابردوو دەکات.

[١٦]هەروەها لەسەر زەوی بینیم:

خراپەکاری لە جێی دادپەروەری،
بەدکاریش لە جێگای ڕاستودروستی.

[١٧]جا لە دڵی خۆمدا گوتم:

«کەسی ڕاستودروست و خراپەکاریش
خودا دادگایی هەردووکیان دەکات،
چونکە بۆ هەر چالاکییەك کاتی خۆی دەبێت،
بۆ بڕیاردانیش لەسەر هەر کارێك کاتی خۆی.»

[١٨]من لە دڵی خۆمدا گوتم: «سەبارەت بە ئادەمیزاد، خودا تاقییان دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێیانبگەیەنێت کە ئاژەڵ چۆنە ئەوانیش بەو شێوەیەن. [١٩]بێگومان چارەنووسی مرۆڤ هەروەك چارەنووسی ئاژەڵە، چونکە مردنی ئەمیان وەك مردنی ئەویانە و یەك هەناسە بۆ هەردووکیانە، مرۆڤ هیچی لە ئاژەڵ زیاتر نییە. بێگومان هەرچی هەیە بێ واتایە. [٢٠]هەموو بۆ یەك شوێن دەڕۆن: هەردووکیان لە خۆڵەوە هاتن و دەشگەڕێنەوە بۆ خۆڵ. [٢١]کێ دەزانێت: ئایا ڕۆحی ئادەمیزاد بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت یان ڕۆحی ئاژەڵ بەرەو خوارەوە بۆ زەوی دادەبەزێت؟»

[٢٢]ئیتر بینیم لەوە باشتر نییە کە مرۆڤ بە کارەکەی دڵخۆش بێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بەشی ئەوە، چونکە کێ دەیبینێت بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە کە لەدوای ئەو چی دەبێت؟

## ستەمکاری، ماندووبوون، تەنهایی

٤ پاشان ئاوڕم دایەوە و بینیم هەموو ئەو ستەمەی کە لەسەر زەویدا دەکرێت و ئەوەتا:

فرمێسکی ستەملێکراوانم بینی،
کەس نەبوو دڵنەواییان بکات،
ستەمکارانیشیان زەبریان بەدەست بوو،
کەس نەبوو دڵنەواییان بکات.
[٢]خۆزگە بە مردووان دەخوازرێت
کە دەمێکە مردوون،
ئەوان خۆشحاڵترن لەوانەی
کە لە ژیاندا ماون.
[٣]بەڵام لە هەردووکیان باشتر ئەوەیە
کە هێشتا لەدایك نەبووە،
ئەوەی ئەو خراپەکارییەی نەدیوە
کە لەسەر زەوی ئەنجام دەدرێت.

[٤]من بینیم کە هەموو ماندووبوون و هەموو ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت لە ئەنجامی ئەو کێشمەکێشەی کە مرۆڤ بەرامبەر بە نزیکەکەی دەیکات، ئەمەش بێ واتایە و گڤەی بایە.

[٥]کەسی گێل دەست دەخاتە سەر دەست و
گۆشتی خۆی دەخوات.

[٦]مشتێك حەسانەوە باشترە
لە دوو مشتی پڕ ماندووبوون و گڤەی با.
[٧]دیسان شتێکی بێ واتام لەسەر زەوی بینی:
[٨]یەکێکی تاك و تەنها،
نە کوڕی هەبوو، نە برا،
هەموو ماندووبوونەکەی بێ کۆتایی بوو،
هەروەها چاوی لە دەوڵەمەندی تێر نەدەبوو.
گوتی: «ئیتر بۆ کێ خۆم ماندوو بکەم و
گیانی خۆم بۆچی لە خۆشی بێبەش بکەم؟»
ئەمەش بێ واتایە و بارێکی قورسە.
[٩]دوو کەس لە یەك کەس باشترە،
چونکە لە ماندووبوونەکەیان قازانجێکی
باشتریان دەبێت.
[١٠]ئەگەر یەکێکیان بکەوێت،
هاوڕێکەی هەڵیدەستێنێتەوە.
بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی کە تەنهایە،
دەکەوێت و کەس نییە هەڵیبستێنێتەوە.
[١١]هەروەها ئەگەر دوو کەس پێکەوە ڕابکشێن،
گەرم دەبنەوە،
بەڵام یەکێك تەنها بێت، چۆن گەرم دەبێتەوە؟
[١٢]ئەگەر یەکێك یەك کەس ببەزێنێت،
دووان دەتوانن بەرامبەری بوەستن،
داوی سێ تەلیش زوو ناپسێت.

## پلە بەرزبوونەوە بێ واتایە

[١٣]گەنجێکی هەژار و دانا باشترە لە پاشایەکی پیر
و گێل، کە ئیتر ناتوانێت گوێ لە هۆشداری بگرێت.
[١٤]دەشێت گەنجەکە لە بەندیخانەوە هاتبێتە دەرەوە
هەتا ببێت بە پاشا، یاخود بە هەژاری لەو شانشینەدا
لەدایك بووبێت. [١٥]ڕوانیمە هەموو ئەو مرۆڤانەی
کە بەسەر زەویدا هاتوچۆیان دەکرد پشتگیری
گەنجەکەیان دەکرد کە جێگەی پاشاکەی گرتەوە.
[١٦]ئەو مرۆڤانەی کە هاتنە بەردەمی پاشا بێشومار
بوون، بەڵام گەل دڵیان بەو پاشایە خۆش نەبوو.
ئەمەش بێ واتایە و گڤەی بایە.

## ئەنجامدانی نەزر

٥ کاتێك دەچیت بۆ ماڵی خودا، ئاگاداری پێی
خۆت بە. وەرە پێشەوە هەتا گوێ بگریت،
نەوەك قوربانی گێلەکان بکەی کە خراپەکاری خۆیان
نازانن.
[٢]با دەمت لە قسەکردندا پەلە نەکات،
با دڵیشت خێرا نەکات،
لە دەربڕینی قسە لەبەردەم خودا،
چونکە خودا لە ئاسمانە و
تۆ لەسەر زەویت،
لەبەر ئەمە با وشەکانت کەم بن.
[٣]خەون لە ئەنجامی ماندووبوونی زۆرەوە دێت و
قسەی گێلیش لە زۆر گوتن.
[٤]ئەگەر نەزرێکت[a] بۆ خودا کرد، دوا مەکەوە
لە ئەنجامدانی، چونکە بە گێلەکان دڵخۆش نابێت.
جا ئەوەی نەزرت کردووە ئەنجامی بدە. [٥]باشترە
نەزر نەکەیت لەوەی بیکەیت و ئەنجامی نەدەیت.
[٦]ڕێگا مەدە دەمت وا بکات لەشت گوناه بکات و
لەبەردەم نێردراوی پەرستگا[b] مەڵێ: «ئەم نەزرە
هەڵە بوو.» بۆچی خودا لە قسەکەت تووڕە بێت و
ئەوەی کردووتە لەناوی ببات؟ [٧]زیادبوونی خەون و
چەنەبازی بێ واتان، لەبەر ئەوە لەخواترس بە.

## سامان بێ واتایە

[٨]ئەگەر زۆرلێکراوی هەژار و داماڵینی
ڕاستودروستی و دادپەروەریت لە هەرێمێکدا بینی،
سەرسام مەبە لەم کێشەیە، چونکە لێپرسراوی بەرز
لێپرسراوی بەرز دەپارێزێت و بەرزتر لەوانیش
هەردووکیان دەپارێزێت. [٩]بەڵام گەل لە وڵات
سوود وەردەگرن، چونکە پاشا هەموو کێڵگەکانی
دەپارێزێت.

---

[a] ٤ واتە پابەندکردنی مرۆڤ خۆیەتی بە مەرجێکەوە، لە کاتێکدا کە داخوازییەك بەرز دەکاتەوە بۆ خودا و بە ئەرێ وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن خوداوە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.
[b] ٦ بڕوانە مەلاخی ٧:٢.

١٠ ئەوەی حەزی لە پارە بێت لە پارە تێر نابێت،
ئەوەی حەزی لە سامان بێت لە داهات تێر نابێت،
هەروەها ئەمەش بێ واتایە.

١١ بە زیادبوونی خێروبێر
زیاد دەبن ئەوانەی دەیخۆن.
ئایا چ سوودێکی بۆ خاوەنەکەی هەیە،
جگە لەوەی تەنها چاوەکانی تێری لێ دەخۆن؟

١٢ خۆشە خەوی کارگەر،
کەم بخوات یان زۆر،
بەڵام تێری دەوڵەمەندە
ڕێ بۆ خەو نادات.

١٣ خراپەیەکی ناخۆش هەیە لەسەر زەویدا بینیم:

سامانێك پارێزراوە بۆ خراپەی خاوەنەکانی،
١٤ ئەم سامانەش لە مامەڵەیەکی خراپدا لەناوچوو،
ئینجا کوڕێکیان بوو و هیچی بۆ نەمایەوە هەتا بۆ کوڕەکەی بەجێبهێڵێت.
١٥ وەك چۆن لە سکی دایکی هاتە دەرەوە،
بە ڕووتی دەگەڕێتەوە، دەڕوات وەك هات.
هیچ شتێك لە ماندووبوونەکەی نابات
لەگەڵ دەستی کە دەڕوات.

١٦ ئەمەش خراپەیەکی ناخۆشە:

هەروەك چۆن مرۆڤ دێتە جیهان، بە هەمان شێوە بەجێدەهێڵێت،
ئەوەی ماندووبوونەکەی بۆ با دەبێت
چ قازانجێك دەکات؟
١٧ هەروەها هەموو ڕۆژانی ژیانی لە تاریکیدا بەسەردەبات،
لەگەڵ وەڕسبوونێکی زۆر و نەخۆشی و تووڕەیی.

١٨ ئەوەی من بینیومە باشە، ئەوەی گونجاوە،
کە مرۆڤ بخوات و بخواتەوە و خۆشی ببینێت کە
لەسەر زەویدا پێوەی ماندوو دەبێت، بە درێژایی
ئەو ڕۆژگارە کەمەی کە خودا پێیداوە، چونکە بەشی
ئەوە. ١٩ هەروەها کە خودا بە یەکێك دەوڵەمەندی
و سامان دەدات و ئەویش دەتوانێت سوودی
لێی وەربگرێت و بە بەشی خۆی ڕازی بێت و بە
ماندووبوونەکەی دڵخۆش بێت، ئەمە دیارییەکە لە
خوداوە. ٢٠ جا ڕۆژگاری ژیانی بەبیر نایەتەوە، چونکە
خودا بە خۆشی دڵییەوە خەریکی کردووە.

٦ بارگرانییەکم لەسەر زەوی بینیوە کە ئادەمیزاد
خراپ گیرۆدە بوون بە دەستیەوە، ٢ کەسێك
خودا دەوڵەمەندی و سامان و ڕێزی پێدابێت و هیچ
کەمی نەبێت لەوەی گیانی ئارەزووی دەکات، بەڵام
خودا دەسەڵاتی پێنەداوە بۆ ئەوەی بیخوات، بەڵکو
بێگانە دەیخوات، ئەمە بێ واتایە و دەردێکی خراپە.
٣ ئەگەر کەسێك سەد منداڵی هەبێت و ساڵانێکی
زۆر بژییت و تەمەنی زۆر بێت، بەڵام گیانی تێر
خۆشی نەبێت و هەروەها ناشتنی بۆ نەبێت،
دەڵێم: لەبارچووێك لەو باشترە، ٤ چونکە بێ
واتایانە دێت و بە تاریکیدا دەڕوات، ناویشی بە
تاریکی دادەپۆشرێت. ٥ هەروەها نە خۆری بینی و
نە دەشزانێت، ئەم ئاسوودەترە لەو کەسە. ٦ ئەگەر
هەزار ساڵ دووبارەش بژییت بەڵام خۆشی نەبینێت،
ئایا هەمووان بۆ یەك شوێن ناڕۆن؟

٧ هەموو ماندووبوونی مرۆڤ بۆ دەمییەتی،
بەڵام هەرگیز تێر ناخوات.
٨ دانا چی لە گێل زیاترە؟
چی یارمەتی هەژار دەدات
کە ئەو بزانێت چۆن هەڵسوکەوت
لەگەڵ ئەوانەی کە لە ژیاندان؟
٩ ئەوەی هەتە و لەبەرچاوتە
باشترە لەوەی کە نیتە و ئارەزووت لێیەتی.
ئەمەش بێ واتایە و گڤەی بایە.

١٠ ئەوەی هەبووە لە کۆنەوە ناوی لێنراوە و زانراوە.
مرۆڤ ناتوانێت ململانێ لەگەڵ یەکێك بکات
کە لە خۆی بەهێزترە.

[١١] ئەوەندە قسە زیاد دەبێت،
ئەوەندە سوودی کەم دەبێتەوە،
جا مرۆڤ چی بۆ دەمێنێتەوە؟
[١٢] کێ دەزانێت چی باشە بۆ مرۆڤ لە ژیاندا کە
درێژی تەمەنی بێ واتا وەك سێبەر بەسەردەچێت؟
کێ بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت پاش ئەو لەسەر زەوی
چی ڕوودەدات؟

## دانایی

٧ ناوبانگی باش لە بۆنی خۆش باشترە و
ڕۆژی مردنیش لە ڕۆژی لەدایکبوون.
[٢] چوون بۆ ماڵی ماتەمدار باشترە
لە چوون بۆ ماڵی ئاهەنگدار،
چونکە مردن کۆتایی هەموو مرۆڤێکە،
زیندوو دەیخاتە دڵی خۆیەوە.
[٣] وەڕسبوون لە پێکەنین باشترە،
چونکە بە خەمۆکی ڕوخسار دڵ چاك
دەبێتەوە.
[٤] دڵی دانایان لە ماڵی ماتەمدارە و
دڵی گێلانیش لە ماڵی ئاهەنگدارە.
[٥] گوێگرتن لە سەرزەنشتی دانا باشترە
لە گوێگرتن لە گۆرانی گێلەکان.
[٦] چونکە وەك قرچەی دڕکە کە لەژێر مەنجەڵە،
بەم شێوەیە پێکەنینی پیاوی گێل.
ئەمەش هەر بێ واتایە.

[٧] زۆرداری پیاوی دانا گێل دەکات و
بەرتیل دڵ گەندەڵ دەکات.

[٨] کۆتایی شت باشترە لە سەرەتاکەی،
پشوو درێژ باشترە لە هەڵەشە.
[٩] لە ناخەوە زوو پەست مەبە،
چونکە تووڕەیی لەناو سنگی گێلەکاندا جێگیرە.

[١٠] مەڵێ: «بۆچی سەردەمانی کۆن لە ئەمڕۆ باشتر
بوون؟»
چونکە لە داناییەوە نییە لەمە پرسیار دەکەیت.

[١١] دانایی باشە وەك میرات و
بە سوودە بۆ ئەوانەی کە خۆر دەبینن.
[١٢] دانایی پەناگایە
وەك چۆن پارەش پەناگایەکە،
سوودی زانینیش، داناییە
ژیان دەبەخشێت بە خاوەنەکەی.

[١٣] تەماشای کاری خودا بکە:

کێ دەتوانێت ڕاستی بکاتەوە
ئەوەی خودا خواری کردووەتەوە؟
[١٤] لە ڕۆژی باشدا، لە خۆشیدا بە و
لە ڕۆژی خراپدا ببینە:
خودا هەردووکیانی دروستکردووە.
ئیتر مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك
سەبارەت بە داهاتووەکەی بدۆزێتەوە.

[١٥] لە ڕۆژگاری بێ واتای خۆمدا ئەم دووانەم بینی:

کەسی ڕاستودروست هەیە بە
ڕاستودروستییەکەی دەفەوتێت،
خراپەکاریش هەیە درێژە بە خراپەکەی دەدات.
[١٦] زۆر ڕاستودروست مەبە و
زیاد دانا مەبە.
بۆچی خۆت تێکدەدەیت؟
[١٧] زۆر بەدکار مەبە و
مەبە بە گێل.
بۆچی بمریت لە کاتی خۆت نەبێت؟
[١٨] باشترە دەست بە ئەمیانەوە بگریت،
هەروەها لەمەش دەست شل نەکەیت،
چونکە لەخواترس بە هیچ شێوەیەك زیادەڕەوی
ناکات.

[١٩] دانایی دانا بەهێزتر دەکات
لە دە فەرمانڕەوا کە لە شاردا بن.

[٢٠] بێگومان هیچ مرۆڤێکی ڕاستودروست لەسەر
زەویدا نییە،
کە چاکە دەکات و هەرگیز گوناه ناکات.

٢١ هەروەها هەموو قسەیەك كە دەیكەن دڵی
خۆتی مەدەرێ،
نەوەك گوێت لە خزمەتكارەكەت بێت
نەفرەتت لێ بكات،
٢٢ چونكە دڵت دەزانێت
كە تۆش زۆر جار نەفرەتت لەوانی دیكە
كردووە.

٢٣ هەموو ئەمانەم بە دانایی تاقی كردووەتەوە.

گوتم: «دانا دەبم،»
كەچی لێم دوور بوو.
٢٤ ئەو داناییە كە هەیە دوورە و
هێندە قووڵە كێ دەیدۆزێتەوە؟
٢٥ هاتم سەرنجم دا لە دانایی و لێم كۆڵییەوە و
گەڕام بەدوای ڕاستیەكاندا بۆ ئەوەی لێی
تێبگەم،
لە ئەنجامدا بۆم دەركەوت كە خراپەكاری
نەزانینە و
گێلایەتیش شێتییە.

٢٦ من دۆزیمەوە كە لە مردن تاڵترە
ئەو ژنەی كە تۆڕە و دڵی تەڵەیە،
دەستەكانیشی كۆتن.
ئەوەی لەبەردەم خودا چاك بێت، لێی دەرباز
دەبێت،
بەڵام گوناهبار بە تەڵەكەیەوە دەبێت.

٢٧ وتاربێژی ژیرمەند دەڵێت: «سەیر بكە، ئەمەم
دۆزییەوە:

«بۆ ئەوەی بگەمە ئەنجامی ڕاستییەكان
زانیارییەكانم یەك بە یەك كۆكردەوە،
٢٨ لە كاتێكدا كە هێشتا دەگەڕام و
جارێ نەگەیەشتبوومە ئەنجام،
پەندێكم بیستووە كە دەڵێت:
"لەنێو هەزار پیاودا تەنها یەكێكم دۆزییەوە،
بەڵام لەنێو هەموویان یەك ئافرەتم نەبینی."
٢٩ تەنها شتێكم دۆزیوەتەوە، ئەمەش ئەوەیە:
خودا مرۆڤی لەسەر بنچینەیەكی ڕاست
دروستكردووە،
بەڵام ئەوان دوای داهێنانی زۆر كەوتوون.»

٨ كێ وەك مرۆڤی دانایە؟
كێ ڕوونكردنەوەی شت دەزانێت؟
دانایی مرۆڤ ڕووی ڕووناك دەكاتەوە و
تاڵی ڕوخساری دەگۆڕێت.

## فەرمانی پاشا بەجێبگەیەنە

٢ من دەڵێم: فەرمانی پاشا بەجێبگەیەنە، لە پێناوی
ئەو سوێندەی كە بۆ خودات خوارد. ٣ پەلە مەكە لە
ڕۆیشتن لەبەردەمی پاشا. داكۆكی لە خراپە مەكە،
چونكە پاشا هەرچی پێی خۆش بێت دەیكات.
٤ فەرمایشتی پاشا فەرموودەی دەسەڵاتدارە، كێ
دەتوانێت پێی بڵێت: «تۆ چی دەكەیت؟»

٥ ئەوەی فەرمانەكەی بەجێبگەیەنێت تووشی
خراپە نابێت،
دڵی داناش دەیزانێت كات و حوكمدان هەیە.
٦ چونكە هەر شتێك كات و حوكمی خۆی هەیە،
هەرچەندە مرۆڤ دەردەسەری زۆر بێت.

٧ كەس نازانێت لە داهاتوودا چی دەبێت،
ئەوەی ڕوودەدات كێ پێی ڕادەگەیەنێت؟
٨ وەك چۆن كەس دەسەڵاتی بەسەر بادا نییە، بۆ
ئەوەی با بگرێت،
مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژی مردندا نییە.
وەك چۆن نەسرەوتن لە كاتی شەڕدا نییە،
خراپەكار توانای نییە خۆی لە خراپە ئازاد
بكات.

٩ هەموو ئەمانەم بینی، كە سەرنجم دایە هەموو
ئەو كارانەی لەسەر زەوی كراون. كاتێك هەیە
كەسێك بەسەر كەسێكی دیكەدا دەسەڵاتدار دەبێت
بۆ زیانی خۆی. ١٠ بەم جۆرە بینیم خراپەكاران لە گۆڕ
نران، ئەوانەی كە لە شوێنی پیرۆزەوە هاتوچۆیان

دەکرد و لەو شارەی ئەو کارانەیان کرد ستایش کرابوون. ئەمەش هەر بێ واتایە.

[١١]لەبەر ئەوەی کارکردن بە بڕیار لە دژی کاری خراپە پەلەی لێ ناکرێت، دڵی ئادەمیزاد پڕ بووە لە پیلانی خراپ. [١٢]هەرچەندە بەدکار کە سەد جار تاوانی کردبێت دەتوانێت تەمەنێکی درێژ بژیێت، بەڵام من دەزانم کە بۆ لەخواترس کە ڕێزی خودا دەگرێت باشتر دەبێت. [١٣]بەڵام بۆ بەدکاران چاك نابێت و وەك سێبەر ڕۆژانیان درێژە ناکێشێت، چونکە لە خودا ناترسن.

[١٤]شتێکی دیکەی بێ واتا هەیە کە لەسەر زەویدا دەکرێت، ئەمەیە: ڕاستودروستان هەن بەگوێرەی کاری بەدکارانیان بەسەردا دێت و بەدکارانیش هەن بەگوێرەی کاری ڕاستودروستانیان بەسەردا دێت. گوتم، ئەمەش هەر بێ واتایە. [١٥]لەبەر ئەوە ئامۆژگاری دەکەم بەشدار بن لە شادی، چونکە کوا چاکە بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی؟ بێجگە لەوەی کە بخوات و بخواتەوە و شادبێت و ئەمەی بۆ دەمێنێتەوە لە ماندووبوونەکەی بە درێژایی ژیانی، کە خودا پێیداوە لەسەر زەویدا.

[١٦]کاتێك سەرنجم دایە دانایی و ڕەنجکێشانی خەڵکی زەوی، کە شەو و ڕۆژ خەو نەدەچووە چاویان، [١٧]هەموو ئەوەی خودا ئەنجامی داوە بینیم. کەس ناتوانێت لە کارەکانی خودا لەسەر زەوی تێ بگات. سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ ماندوو دەبێت بۆ دۆزینەوەی بنچینەکەی، بەڵام نایدۆزێتەوە. هەرچەندە کەسی داناش دەڵێت دەزانم، بەڵام ناتوانێت بیدۆزێتەوە.

## یەك ڕووداو بۆ هەمووان

٩ ئیتر هەموو لە هەموو ئەوانە تێڕامام کە ڕاستودروستان و دانایان و کردەوەکانیان لەژێر دەسەڵاتی خودان، بەڵام کەس نازانێت لە ڕێگەی خۆشەویستی یان ڕق لێبوونەوەوە دێت. [٢]هەموویان یەك چارەنووسیان هەیە، بۆ کەسی ڕاستودروست و بۆ بەدکار، بۆ چاك و بۆ خراپ، بۆ پاك بۆ گڵاو، بۆ قوربانی سەربڕ و بۆ ئەوەی قوربانی سەرنابڕێت.

چاکەکار و گوناهبار،
سوێندخۆر و ئەوەی دەترسێت سوێند بخوات.

[٣]ئەمە ئەو خراپەیە کە لە پشتی هەموو ڕووداوەکانی سەر زەوییە: کە یەك چارەنووس بۆ هەمووان بێت، هەروەها دڵی ئادەمیزاد پڕە لە خراپە و شێتی لە دڵیاندایە کە زیندوون و پاشانیش کە دەچنە پاڵ مردووان. [٤]هەرکەسێك کە لەنێو زیندووان بێت، ئومێدەوارە. سەگی زیندووش لە شێری تۆپیو چاکترە!

[٥]چونکە زیندووان دەزانن کە دەمرن،
بەڵام مردووان هیچ نازانن و
لەمەودواش پاداشتیان نییە،
تەنانەت ناویان لەبیرکراوە.
[٦]خۆشەویستی و ڕق و
بەغیلیشیان لەمێژە لەناوچوون،
ئیتر بەشیان نییە هەتاهەتایە
لە هەموو ئەوەی لەسەر زەویدا دەکرێت.

[٧]بڕۆ بە شادی نانی خۆت بخۆ و بە دڵێکی خۆش شەرابی خۆت بنۆشە، چونکە لەمێژە خودا لە کردەوەت ڕازییە. [٨]با هەموو کاتێك جلوبەرگت سپی بێت و زەیت لە سەری خۆت بدە. [٩]خۆشی ببینە لەگەڵ ژنەکەت کە خۆشت دەوێت، هەموو ڕۆژانی ژیانی بێ واتات، کە خودا لەسەر زەوی پێیداویت، هەموو ڕۆژانی بێ واتات، چونکە ئەمە بەشی تۆیە لە ژیان و لە ماندووبوونەکەت کە لەسەر زەوی پێوەی ماندوو دەبیت. [١٠]ئەوەی لە دەستت دێ بیکەیت، بە هێزەوە، چونکە نە کار و نە پلاندانان و نە زانین و نە دانایی نییە لە جیهانی مردووان، ئەوەی تۆ دەچیت بۆ ئەوێ.

[١١]دیاردەیەکی نوێم لەسەر زەوی بینی:

ڕاکردن بۆ سووکەڵەکان نییە و
جەنگ بۆ پاڵەوانان نییە و

نان بۆ دانایان نییە و
دەوڵەمەندی بۆ تێگەیشتووان نییە و
پەسەندی بۆ زانایان نییە،
چونکە کات و بەخت تووشی هەمووان دێت.
١٢ هەروەها مرۆڤ کاتی خۆی نازانێت:
وەك ئەو ماسییانەی بە تۆڕێکی لەناوبەر
دەبردرێن
یان وەك ئەو چۆلەکانەی بە تەڵەوە دەبن،
وەك ئەوان ئادەمیزاد ڕاو دەکرێن لە کاتی
خراپەدا
کە لەناکاو بەسەریاندا دێت.

## دانایی لە گێلایەتی باشترە

١٣ ئەم داناییەشم لەسەر زەویدا بینی، لەلای من
مەزنە: ١٤ شارێکی بچووك و خەڵکێکی کەمی تێدابوو،
پاشایەکی مەزن پەلاماری دا و ئابڵوقەی دا و قوڵلەی
مەزنی بەدەوریدا بنیاد نا. ١٥ ئەو شارە پیاوێکی
هەژاری دانای تێدابوو، بە دانایی خۆی شارەکەی
دەرباز کرد. بەڵام کەس ئەو پیاوە هەژارەی لەبیر
نەما. ١٦ منیش گوتم: «دانایی لە هێز باشترە،» بەڵام
دانایی هەژاریش بە سووکی تەماشا دەکرێت و گوێ
لە قسەکانی ناگیرێت.

١٧ قسەی بە هێمنی لەلایەن دانایان شایانی
سەرنجدانە،
زیاتر لە هاواری دەسەڵاتدار لەناو گێلان.
١٨ دانایی لە چەکی جەنگ چاکترە،
بەڵام یەك گوناهبار چاکەیەکی زۆر تێك
دەدات.

١٠

وەك چۆن مێشی مردوو بۆنی خۆش
بۆگەن دەکات،
کەمێك کاری گێلانە دەتوانێت دانایی و ڕێزی
کەسێك لەناوبەرێت.
٢ دڵی دانا مەیلی ڕێی ڕاست دەکات،
دڵی گێلیش مەیلی خواری دەکات.
٣ کە گێل بە ڕێگادا دەڕوات
گێلی لێ دەبارێت،
ئیتر گێلایەتییەکەی بۆ هەموو لایەك دیارە.
٤ ئەگەر تووڕەیی فەرمانڕەوا بەسەرتدا جۆشا،
شوێنی کاری خۆت بەجێمەهێڵە،
چونکە هێمنی هەڵەی گەورە ئارام دەکاتەوە.

٥ خراپەیەك هەیە لەسەر زەویدا بینیم
وەك هەڵەیەکی مەزنە لەلایەن فەرمانڕەوا.
٦ گێل زۆر جار لە پلەوپایەی بەرز دادەنرێت و
دەوڵەمەندەکانیش لە شوێنە نزمەکان
دادەنیشن.
٧ بینیم خزمەتکاران ئەسپ سوار بوون و
میران پیادە بوون وەك خزمەتکار.

٨ ئەوەی چاڵ هەڵکەنێت خۆی تێی دەکەوێت،
ئەوەی دیوار بڕووخێنێت مار پێیەوە دەدات.
٩ ئەوەی بەرد هەڵکەنێت ئازاری پێوە دەبینێت،
ئەوەی دار ببڕێت لە مەترسییەکەیدا دەبێت.

١٠ ئەگەر تەور کول بێت و
دەمی تیژ نەکرێت،
هێزی زیاتری دەوێت،
بەڵام دانایی بەسوودە بۆ سەرکەوتن.

١١ ئەگەر پێش نوشتەکردن مار پێتەوە بدات،
ئیتر نوشتەکەر کرێیەکەی وەرناگرێت.

١٢ قسەی زاری دانا شیرینە،
بەڵام گێل لێوەکانی خۆی هەڵیدەلووشن.
١٣ سەرەتای وشەکانی دەمی گێلییە،
لە کۆتاییدا دەبنە شێتێکی خراپ.
١٤ گێل زۆر قسە دەکات.

مرۆڤ نازانێت چی دەبێت و
کێ دەتوانێت بە کەسێکی دیکە ڕابگەیەنێت
کە چی لەدوای خۆی ڕوودەدات؟

١٥ ماندووبوونی گێل خۆی شەکەت دەکات،
بە جۆرێك نازانێت چۆن بۆ شار بچێت.

١٦ قوڕبەسەر ئەو خاکەی کە پاشاکەی پێشتر
خزمەتکار بوو و
میرەکانیشی بەیانییان لەسەر خوان دادەنیشن.
١٧ خۆزگە بەو خاکەی کە پاشاکەی لە نەوەی شازادە
بێت و
میرەکانیشی نان لە کاتی خۆیدا بخۆن،
بۆ هێز نەك بۆ سەرخۆشی.

١٨ بە تەمبەڵی بنمێچ دێتە خوارێ و
بە دەست شلکردنیش خانوو دڵۆپە دەکات.

١٩ بۆ ئەوەی پێبکەنن خوان ئامادە دەکەن و
شەرابیش ژیان خۆش دەکات،
بەڵام پارە هەموو شتێکی پێ دەکرێت.

٢٠ تەنانەت لەبیری خۆشت نەفرەت لە پاشا مەکە،
لە ژووری نوستنیشت نەفرەت لە دەوڵەمەند
مەکە،
چونکە چۆلەکەی ئاسمان دەنگەکەت
دەگەیەنێت و
باڵداریش قسەکەت ڕادەگەیەنێت.

## نانی سەر ئاوەکان

١١ نان بدە بە دەم ئاوەوە،
چونکە لە پاشەڕۆژدا دێتەوە ڕێگای
خۆت.
٢ بەش بدە بە حەوت کەس، بەڵێ، بە هەشتیش،
چونکە نازانیت چ کارەساتێك لەسەر زەوی
ڕوودەدات.

٣ ئەگەر هەور پڕبێت،
باران بەسەر زەویدا دەبارێنێت.
ئەگەر دارێك بەرەو باشوور بکەویت یان بەرەو
باکوور،
ئەو شوێنەی دارەکەی لێ دەکەوێت، لەوێ
دەبێت.
٤ ئەوەی چاوی لە با بێت ناچێنێت،
ئەوەی سەیری هەور بکات دروێنە ناکات.

٥ هەروەك نازانیت کامە ڕێگای بایە،
یان چۆن کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا شێوەی
دەکێشرێت،
بە هەمان شێوە ناتوانیت لە کارەکانی خودا
بگەیت،
کە هەمووان دروستدەکات.

٦ سەر لە بەیانی تۆوی خۆت بچێنە،
سەر لە ئێوارەش دەست شل مەکە،
چونکە نازانیت کامیان سەوز دەبێت،
ئەم یان ئەو،
یان بەرهەمی هەردووکیان وەك یەك دەبێت.

## بەدیهێنەرت لە لاوێتیت لەبیر بێت

٧ ڕووناکی شیرینە و
باشە بۆ چاوان کە خۆر ببینێت.
٨ ئەگەر مرۆڤ تەمەنێکی درێژ ژیا،
با بە هەمووی دڵخۆش بێت.
بەڵام با ڕۆژانی تاریکی لەبیربێت،
چونکە زۆر دەبێت.
هەموو ئەوەی دێت بێ واتایە.

٩ ئەی لاو، لە سەردەمی گەنجێتیت شادمان بە،
با لە ڕۆژانی لاوێتیت دڵت خۆش بێت.
بە ڕێگای دڵی خۆت و
بە بینینی چاوەکانتدا بڕۆ،
بەڵام بزانە کە لەسەر هەموو ئەمانە
خودا دەتهێنێت بۆ حوکم بەسەردادان.
١٠ پەستی لە دڵت داماڵە و
خراپە لە لەشت دووربخەوە،
چونکە نەوجەوانی و گەنجێتی بێ واتان.

١٢ بەدیهێنەری خۆت لەبیر بێت
لە سەردەمی گەنجێتیت،
پێش ئەوەی ڕۆژگاری خراپە بێت
یان ئەو ساڵانە نزیك بێتەوە کە بڵێی:
«خۆشییان تێدا نابینم.»
٢ پێش ئەوەی درەوشانەوەی خۆر و

ڕووناکی و مانگ و ئەستێرە تەواو بێت،
پێش ئەوەی گەڕانەوەی هەوری باران ئاسمان
تاریك بکات؛
٣ ئەو ڕۆژەی پارێزەرانی ماڵ دەلەرزن،
پیاوانی بەهێز دەچەمێنەوە،
ئەو ئافرەتانەی کە ئیشی دەستاڕیان دەکرد لەبەر
کەمی لە کار دەکەون،
تاریك دادێن ئەو ژنانەش کە لە پەنجەرەکانەوە
تەماشا دەکەن؛
٤ کاتێك دەرگاکانی لە بازاڕ داخراون
دەنگی هاڕین نزم دەبێتەوە؛
ئەو ڕۆژەی کە پیرەمێرد لە دەنگی چۆلەکە
هەڵدەستێت،
هەرچەندە بەلایەوە گۆرانی کچەکان کز دەبن؛
٥ ئەو ڕۆژەش کە خەڵك لە بەرزایی دەترسن و
لە ڕێگا تۆقیون،
کە بادەم چرۆ دەکات و
کوللەحاجی خۆی ڕادەکێشێت و
هیچ ئارەزوو نامێنێت.
ئیتر مرۆڤ بەرەو ماڵی هەتاهەتایی خۆی
دەچێت و
شینگێڕەکان بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە.
٦ لەبیرت بێت، پێش ئەوەی زنجیری زیو بپچڕێت و
قاپی زێڕین بشکێت؛
پێش ئەوەی گۆزە لەسەر کانی وردوخاش بکرێت،
یان چەرخە لەسەر بیر بشکێنرێت و
٧ خۆڵ دەگەڕێتەوە سەر زەوی وەك پێشوو،
ڕۆحیش دەگەڕێتەوە لای ئەو خودایەی کە
بەخشیویەتی.
٨ وتاربێژی ژیرمەند دەڵێت: «بێ واتای بێ واتایان!
هەموو شتێك بێ واتایە!»

## دەرئەنجامی بابەتەکە

٩ سەرباری ئەوەی کە وتاربێژی ژیرمەند دانا بوو،
گەلیشی فێری زانین کرد، شارەزای هەڵسەنگاندن و
پشکنین و ڕێکخستنی پەندی زۆر بوو. ١٠ وتاربێژی
ژیرمەند هەوڵی دا وشە شادی بەخشەکان بدۆزێتەوە
کە بە سەرڕاستی نووسراون و وشەکانی ڕاستین.
١١ وشەکانی پیاوی دانا وەك نەقیزە وایە، وەك
بزمارە چەقیوەکانن لە پیاوانی کۆمەڵ، لەلایەن یەك
شوانەوە دراون. ١٢ سەرەڕای ئەمانەش، ئەی ڕۆڵە،
سەرنجی ئەم شتانە بدە.
دانانی پەڕتووکی زۆر کۆتایی بۆ نییە، لێکۆڵینەوەی
زۆریش لەش ماندوو دەکات.

١٣ هەموو شت ئێستا بیستراوە و
دەرئەنجامەکەی ئەوەیە:
لە خودا بترسە و ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنە،
چونکە ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو مرۆڤە.
١٤ چونکە خودا حوکم بەسەر هەموو کارێك
دەدات،
لەسەر هەموو کارێکی نهێنی،
جا چ چاك بێت یان خراپ.

# گۆرانی گۆرانییەکان

**کورتە باسێك**

**ئارەزووی دانایی، خۆشویستنی هاوسەرەکەت، سەرباری هەمووی خۆشویستنی مەسیح.**

نووسەری ئەم قەسیدە درێژە سەرنجڕاکێشە بە سروشی خودا سلێمانی کوڕی داودە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی بەر لە زایین. ئەم پەڕتووکە چیرۆکی خۆشەویستی یان وێنایەکی جوانی پەیوەندی خۆشەویستی بێگەردی نێوان سلێمان و ژنێکە بە ناوی شەمولێت، سلێمان سۆزی خۆی لە قاڵبێکی شیعری داڕشتووە کە دەشێت ببێتە گۆرانی یان سرود، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێ گۆرانی گۆرانییەکان. شاعیر لە هەڵبەستەکانی ئەو سۆزە شاراوانەی دەربڕیوە کە لەنێوان خۆشەویستان هەن، ئەو ململانێیەی کە پێویستە بەسەریدا زاڵ بێت، ئەو هەستە ناسکانەی خۆشویستن بە ئاگای دەهێنێت، هەروەها ئەو خۆشییەی بە بینینی خۆشەویستییەکەی دەیبینێت. کچانی ئۆرشەلیم کە سلێمان و خۆشەویستەکەی دەبینن دیمەنێکی کاریگەرە بۆ ئەوان و بە تایبەت کاتێك هەندێك هەڵوێستیان لێ دەبینن.

واتای دیاری ئەو قەسیدە گۆرانییە خۆشویستنی مرۆڤانەیە کە خودا بەخشیویەتی. خۆشەویستی بە چێژ و پیرۆزە هەتا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی یەکتریان خۆشدەوێ لە فەرمانی خودا دەرنەچن. سەرباری ئەوە زۆربەی ڕاڤەکاران وای بۆ دەچن کە ئەم پەڕتووکە ئاماژەیە بۆ خۆشویستنی مەسیح بۆ کڵێسا، ئەوەش لەگەڵ فێرکردنی پەیمانی نوێ یەکانگیرە بەوەی خودا خۆشەویستییە (یەکەم یۆحەنا ٨:٤).

١ گۆرانی گۆرانییەکانی سلێمان.

**ئەویندار** [a]

٢ با بە ماچەکانی دەمی ماچم بکات،
چونکە ئەوینی تۆ لە شەراب خۆشترە.
٣ بۆنی عەترەکەت خۆشە؛
ناوت عەتری پرژاوە،
مایەی سەرسوڕمانی نییە کە پاکیزەکان تۆیان خۆشدەوێ.
٤ پەلم بگرە و با پێکەوە بڕۆین!
با پاشا بمهێنێتە ناو ژوورەکەی خۆی.

**دەستەخوشکەکان**

شاد و دڵخۆش دەبین پێت،
لە شەراب زیاتر یادی ئەوینی تۆ دەکەینەوە.

**ئەویندار**

بەڕاستی تۆیان خۆشدەوێ.

٥ ئەی کچانی ئۆرشەلیم،
من ئەسمەرێکی جوانم،
وەك ڕەشماڵەکانی قێدار،
وەك نێوبەندی ڕەشماڵەکانی سلێمان.
٦ تەماشام مەکەن کە من ئەسمەرم،
ئەوە خۆر لێیداوم.
کوڕانی دایکم لە من تووڕە بوون،
منیان کردە چاودێری ڕەزەمێو،
لەبەر ئەوەی ناچار کرام، چاودێری ڕەزەمێوەکەم نەکرد.
٧ ئەی خۆشەویستی گیانم، پێم بڵێ،
لەکوێ مێگەلی خۆت دەلەوەڕێنیت،
کاتی نیوەڕۆش پشتیری مەڕەکانت لەکوێیە؟
بۆچی وەك پەچەکراوێك بم،
لەلای مێگەلی هاوڕێیەکانت؟

---

[a] ١ وشەی ئەویندار بۆ کچ بەکارهاتووە.

**دەستەخوشکەکان**

٨ ئەی جوانترینی نێو ئافرەتان، ئەگەر نازانیت
بە شوێن پێی مەڕاندا بڕۆ و
کارەبزنەکانت بلەوەڕێنە
لەلای نشینگەی شوانەکان.

**دڵدار**[a]

٩ یارەکەم، بە ئەسپێك لە گالیسکەکانی فیرعەون
لێکم چوواندی،
١٠ گۆنات بە خشڵەوە جوانە،
گەردنت بە گەردانەوە.
١١ خشڵی زێڕت بۆ دەکەین،
لەگەڵ نقێمی زیو.

**ئەویندار**

١٢ هەتا پاشا لە کۆڕی خۆیەتی،
ناردینی من بۆنی خۆی بڵاو دەکاتەوە.
١٣ دڵدارەکەم چەپکێك مورە
کە لەنێو مەمکەکانم شەو بەسەردەبات.
١٤ دڵدارەکەم هێشووی خەنەیە
لەناو ڕەزەمێوەکانی کانی گەدی.

**دڵدار**

١٥ ئەی یارەکەم، تۆ چەند جوانیت،
چەند جوانیت!
چاوەکانت کۆترن.

**ئەویندار**

١٦ ئەی دڵدارەکەم، تۆش چەند قۆزیت،
چەند شیرینیت!
جێگاکەمان سەوزە.

**دڵدار**

١٧ کاریتەی خانووەکەمان لە داری ئورزە،
تەختەدارەکانی سەروون.

**ئەویندار**

٢ من گوڵاڵە سوورەی شارۆن و
سەوسەنی دۆڵانم.

**دڵدار**

٢ وەك گوڵی سەوسەن لەناو دڕکوداڵ
یارەکەم ئاوایە لەناو کچان.

**ئەویندار**

٣ وەك دار سێو لەنێو دارەکانی دارستان
دڵدارەکەم ئاوایە لەناو کوڕان.
حەزم لە دانیشتنە لە سێبەرەکەی
مێوەکەشی بۆ دەمم شیرینە.
٤ با بمباتە هۆڵی خوانەکە،
خۆشەویستییەکەی وەك ئاڵا لەسەر سەرم
بشەکێتەوە.
٥ بە کشمیش گڕوتینم پێ ببەخشن،
بە سێو بمگەشێننەوە،
چونکە من بە شەیدای خۆشەویستی ئەوم.
٦ دەستی چەپی لەژێر سەرمە و
دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.
٧ ئەی کچانی ئۆرشەلیم، سوێندتان دەدەم،
بە مامز یان مێینەی ئاسکی دەشتودەر،
کە خۆشەویستی هەڵنەستێنن و بە ئاگای نەهێنن
هەتا خۆی حەز دەکات.

٨ گوێ بگرە! ئەوە دەنگی دڵدارەکەمە!
تەماشا بکە! وا دێت،
لەسەر چیاکان هەڵدەبەزێتەوە،
بەسەر گردەکاندا باز دەدات.
٩ دڵدارەکەم وەك ئاسك یان وەك کارمامزە،
وا لە پشت دیوارەکەمان ڕاوەستاوە،
لە دەلاقەوە سەیر دەکات،

[a] ٨ وشەی دڵدار بۆ کوڕ بەکارهاتووە.

لە کڵاوڕۆژنەوە[a] تەماشا دەکات.
١٠ دڵدارەکەم قسەی کرد، پێی گوتم:
«یارەکەم، هەستە،
شیرینەکەم، وەرە.
١١ تەماشا بکە، زستان تێپەڕی،
باران بەسەرچوو و نەما.
١٢ گوڵ لەسەر زەوی دەرکەوت،
ئێستا کاتی گۆرانییە؛
خوێندنی کوکوختی
لە خاکی ئێمە دەبیسترێت.
١٣ هەنجیر بەری گرتووە،
بۆنی پەسیرەی[b] مێو بڵاو بووەتەوە.
یارەکەم، هەستە،
شیرینەکەم، وەرە.»

## دڵدار

١٤ ئەی کۆترەکەم لەناو کەلەبەری هەڵدێرەکان،
لە پەناگای بنارەکان،
با ڕوخسارت ببینم،
با دەنگت ببیستم،
چونکە دەنگت ناسکە و
ڕوخسارت شیرینە!
١٥ ڕێوییەکانمان بۆ ڕاو بکەن،
ئەو توولە ڕێوییانەی
ڕەزەکانمان تێکدەدەن،
چونکە ڕەزەکانمان پەسیرەیان گرتووە.

## ئەویندار

١٦ دڵدارەکەم بۆ منە و منیش بۆ ئەوم،
لەناو گوڵە سەوسەنەکان دەلەوەڕێت.
١٧ بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و
تاریکی بڕەوێتەوە،
ئەی دڵدارەکەم، بگەڕێوە،
وەک ئاسک بە،
یان کارمامز
لەسەر چیا فرە لووتکەکان.

٣ بە درێژایی شەو لەسەر نوێنەکەم
بەدوای ئەو کەسەدا گەڕام کە گیانم
خۆشی دەوێت؛
بەدوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە.
٢ ئێستا هەڵدەستم و بەناو شاردا دەسووڕێمەوە،
بەناو شەقام و گۆڕەپانەکاندا
بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێم کە گیانم خۆشی
دەوێت.
ئیتر بەدوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە.
٣ تووشی ئێشکگرەکان بووم،
کاتێک بەناو شاردا دەگەڕان.
«ئایا ئەوەی گیانم خۆشی دەوێت ئێوە
نەتانبینیوە؟»
٤ ئەوەندەی نەمابوو لێیان تێپەڕم
کاتێک ئەوەم بینییەوە کە گیانم خۆشی دەوێت.
گرتم و بەرمنەدا،
هەتا بردمە ماڵی دایکم،
بۆ ژووری ئەو کەسەی کە بە من سکپڕ ببوو.
٥ ئەی کچانی ئۆرشەلیم، سوێندتان دەدەم
بە مامز یان مێینەی ئاسکی دەشتودەر،
کە خۆشەویستی هەڵنەستێنن و بە ئاگای نەهێنن
هەتا خۆی حەز دەکات.

٦ ئەوە کێیە لە چۆڵەوانییەوە بەدەرکەوت،
وەک ستوونی دووکەڵ،
بە موڕ و بخوور بۆنخۆش کراوە،
بە هەموو بۆنوبەرامێکی بازرگانان؟
٧ ببینن! گالیسکەکەی سلێمانە،
شەست پاڵەوان دەوریان داوە
لە پاڵەوانەکانی ئیسرائیل،
٨ هەموو شمشێر بەدەستن،
شارەزای جەنگن،
هەریەکە و شمشێرەکەی بە لاڕانییەوە،

[a] ٩ وەک پەنجەرەیە، دەلاقەیەکە بۆ هاتوچۆی هەوا و گەڕانەوەی تیشکی خۆر.
[b] ١٣ بەرسیلە.

لەبەر مەترسییەکانی شەو.
٩ سلێمانی پاشا گالیسکەیەکی بۆ خۆی دروستکرد
لە داری لوبنان.
١٠ ستوونەکانی لە زیو دروستکرد،
کاریتەکانی لە زێڕ.
بەرگی دۆشەکەکان ئەرخەوانییە،
ناوەوەی بە ئەوین ڕازێنراوەتەوە.
ئەی کچانی ئۆرشەلیم، ١١ وەرنە دەرەوە،
ئەی کچانی سییۆن، ببینن.
سلێمانی پاشا بەو تاجەوە ببینن کە لەسەریەتی،
کە دایکی لەسەری نا
لە ڕۆژی زەماوەندی ژنهێنانی،
لە ڕۆژی شادی دڵی.

### دڵدار

٤ ئەی یارەکەم، تۆ چەند جوانیت،
چەند جوانیت!
چاوەکانت دوو کۆترن لە پشت پەچەکەتەوە.
قژت وەك مێگەلە بزنە
کە لە کێوی گلعادەوە دێتە خوارەوە.
٢ ددانەکانت وەك ڕانە مەڕن،
کە تازە بڕاونەتەوە و لە شوشتن گەڕاونەتەوە،
هەموویان جووتن،
هیچیان بە تەنها نین.
٣ لێوەکانت وەك ڕیسی ئاڵە،
دەمت شیرینە،
گۆنات وەك لەتە هەنارە
لە پشت پەچەکەتەوە.
٤ گەردنت وەك قوللەی داودە
بە ڕیزە بەرد بنیاد نراوە،
هەزار قەڵغانی پێوە هەڵواسراوە،
هەمووی قەڵغانی پاڵەوانانە.
٥ جووتە مەمکەکەت وەك دوو کارمامزن،
وەك جووتێك مامزن،
کە لەنێو گوڵە سەوسەندا دەلەوەڕێن.
٦ بەر لەوەی ڕۆژ هەڵبێت و
تاریکی بڕەوێتەوە،
دەچمە چیای موڕ و
گردی بخوور.
٧ ئەی یارەکەم، سەرتاپات جوانییە،
هیچ کەموکوڕیت تێدا نییە.

٨ بووکێ، لەگەڵ من لە لوبنانەوە وەرە،
لەگەڵ من لە لوبنانەوە وەرە.
لە لووتکەی چیای ئەماناوە وەرە خوارەوە،
لە سەری سنیرەوە کە لووتکەی حەرمۆنە،
لە لانەی شێرانەوە،
لە چیای پڵنگانەوە.
٩ ئازیزەکەم، بووکێ، دڵی منت ڕفاندووە،
بە تیلەی چاوت دڵت ڕفاندووم،
بە مووروویێکی ملوانکەکەت.
١٠ ئەوینت چەند جوانە، بووکی ئازیزم،
ئەوینت چەند لە شەراب خۆشترە،
بۆنی عەترەکەشت لە هەموو بۆنوبەرامێك.
١١ لێوەکانت شانەی هەنگوینیان لێ دەتکێت،
بووکێ،
شیر و هەنگوین لەژێر زمانتە!
بۆنی جلوبەرگت وەك بۆنی لوبنانە.
١٢ باخچەیەکی داخراوە! بووکی ئازیزم،
سەرچاوەیەکی داخراوە، کانییەکی مۆرکراوە!
١٣ نەمامەکانت باخی هەنارن
لەگەڵ بەروبوومی هەڵبژاردە،
خەنە و ناردین،
١٤ ناردین و کارکۆم[a]،
قامیشی بۆنخۆش و دارچین،
لەگەڵ هەموو جۆرە دار بخوورێك،
موڕ و ئەلوا[b]
لەگەڵ هەموو بۆنوبەرامەکان.
١٥ تۆ سەرچاوەی باخچەکانیت،
بیری ئاوی لەبەر ڕۆیشتووی،

[a] ١٤ ئەو گوڵەیە کە ڕەگەکەی زەردەچەوەی لێ دروستدەکرێت.
[b] ١٤ ڕووەکێکی دڕکاوییە وەك سەبارِ، شلەیەکی تێدایە بۆ پێست باشە.

لێشاوە لە لوبنان دێتە خوارێ.

### ئەویندار

١٦ هەستە، ئەی بای باکوور،
وەرە، ئەی بای باشوور!
بەسەر باخچەکەم هەڵبکەن،
با بۆنوبەرامی بڵاوبێتەوە،
بۆ ئەوەی دڵدارەکەم بێتە ناو باخچەکەی خۆی،
با بەروبوومە هەڵبژاردەکەی تام بکات.

### دڵدار

٥ هاتمە ناو باخچەکەم، ئازیزم، بووکێ،
مورِ و بۆنوبەرامی خۆمم کۆکردەوە،
شانەی هەنگوین و هەنگوینی خۆمم خوارد،
شەراب و شیری خۆمم خواردەوە.

### هاوڕێیەکان

ئەی هاوڕێیان، بخۆن و بخۆنەوە؛
یاران، بە ئەوین مەست بن.

### ئەویندار

٢ من خەوتووم، بەڵام دڵم بێدارە!
دەنگی دڵدارەکەمە لە دەرگا دەدات:
«دەرگام بۆ بکەرەوە، دڵداری ئازیزم،
ئەی کۆترەکەم، ئەی بێ کەموکوڕییەکەم،
سەرم پڕ خوناو بووە،
ئەگریجەم پڕ شەونم.»
٣ جلەکانم داکەندووە،
ئایا دەبێ دیسان لەبەری بکەمەوە؟
پێیەکانم شوشتووە،
ئایا دەبێ دیسان پیسیان بکەمەوە؟
٤ دڵدارەکەم لە کونی دەرگاوە دەستی درێژکرد،
هەناوم بۆی ڕاچەنی.
٥ هەستام هەتا دەرگا لە دڵدارەکەم بکەمەوە،
دەستەکانم مورِیان لێ دەچۆڕا،
پەنجەکانم مورِی شل
لەسەر دەسکی سورگییەکە.
٦ دەرگام بۆ دڵدارەکەم کردەوە،
بەڵام دڵدارەکەم بایدابووەوە و ڕۆیشتبوو.
گیانم بەدوای ئەودا دەرچوو،
بەدوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە.
بانگم کرد، وەڵامی نەدامەوە.
٧ تووشی ئێشکگرەکان بووم
کاتێك بەناو شاردا دەسووڕانەوە.
لێیان دام و بریندارییان کردم،
چارۆکەکەیان لەبەر داکەندم،
ئێشکگری شووراکان
٨ ئەی کچانی ئۆرشەلیم، سوێندتان دەدەم،
ئەگەر تووشی دڵدارەکەم بوون،
ئەمەی پێ بڵێن،
من بە شەیدای خۆشەویستی ئەوم.

### دەستەخوشکەکان

٩ دڵدارەکەی تۆ چی زیاترە لە دڵداران،
ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟
دڵدارەکەی تۆ چی زیاترە لە دڵداران،
کە ئاوا سوێندت داین؟

### ئەویندار

١٠ دڵدارەکەی سوور و گەشاوەیە،
لەناو دە هەزار کەسدا دیارە.
١١ سەری زێڕی بێگەردە،
زولفی بەرداوەتەوە،
ڕەشە وەك قەلەڕەش.
١٢ چاوەکانی وەك کۆترن
چاوەکانی وەك کۆترن لەسەر کانییەك،
کۆترەکان هێندە سپین وەکو شیر،
لە کەناری حەوزێك هەڵنیشتوون.
١٣ گۆناکانی وەك باخچەی بۆندارن،
بۆنیان خۆشە.
لێوەکانی سەوسەنن،
مورِی شلیان لێ دەتکێت.

١٤ دەستەکانی لوولەی زێڕن،
به زەبەرجەد ڕازاونەتەوە،
لەشی عاجی تاشراوە
بە بەردی یاقووتی شین[a] پێچراوەتەوە.
١٥ قاچەکانی ستوونی مەڕمەڕن،
لەسەر دوو بنکەی زێڕی بێگەرد دامەزراون.
ڕوخساری وەک لوبنانە،
هەڵبژاردە وەک ئورز.
١٦ دەمی شیرینە،
سەراپای خۆشەویستە.
ئەمە دڵدارەکەمە، ئەو ئازیزی منە،
ئەی کچانی ئۆرشەلیم!

## دەستەخوشکەکان

٦ دڵدارەکەت چووە کوێ،
ئەی جوانی نێو ئافرەتان؟
دڵدارەکەت ڕووی لەکوێ کرد،
هەتا لەگەڵت بەدوایدا بگەڕێین؟

## ئەویندار

٢ دڵدارەکەم دابەزییە ناو باخچەکەی،
بۆ ناو باخچەی بۆندار،
هەتا مێگەلی خۆی لەناو باخچەکاندا
بلەوەڕێنێت و
سەوسەن کۆبکاتەوە.
٣ من بۆ دڵدارەکەمم و دڵدارەکەم بۆ منە،
لەناو سەوسەن دەلەوەڕێنێت.

## دڵدار

٤ یارەکەم تۆ وەک شانشینی تیرزە جوانی،
وەک ئۆرشەلیم شیرینی،
وەک لەشکرە ئاڵادارەکان شکۆداری.
٥ چاوەکانت لەسەر من لابدە،
چونکە بەرگەی ناگرم.
قژت وەک ڕانە بزنە
کە لە کێوی گلعادەوە دێتە خوارەوە.
٦ ددانەکانت وەک ڕانە مەڕن
کە لە شوشتن گەڕاونەتەوە،
هەموویان جووتن،
هیچیان بە تەنها نین.
٧ گۆنات وەک لەتە هەنارە
لە پشت پەچەکەتەوە.
٨ شەست شاژنن و
هەشتا کەنیزەن،
پاکیزەکانیش لە ژمارە نایەن،
٩ بەڵام کۆترەکەم، بێگەردەکەم، بێ وێنەیە،
کچە تاقانەی دایکییەتی،
نازدارەکەی ئەوەی بوویەتی.
کچ بینییان خۆزگەیان پێ خواست
شاژنەکان و کەنیزەکان ستایشیان کرد.

## دەستەخوشکەکان

١٠ ئەوە کێیە سەری هەڵهێنا وەک بەرەبەیان،
جوانە وەک مانگ، بێگەردە وەک ڕۆژ،
وەک کەژاوەی ئەستێرەکان شکۆدارە؟

## ئەویندار

١١ بۆ ناو باغی دار گوێز دابەزیم
بۆ بینینی دەرکەوتنی گیای دۆڵ،
بۆ ئەوەی ببینم ئاخۆ دار مێو چەکەرەی کردووە،
هەناریش پشکوتووە؟
١٢ پێش ئەوەی بزانم،
گیانم لەناو گالیسکەکانی پاشایەتی گەلەکەم
دانام.

## دەستەخوشکەکان

١٣ ئەی شولەمیتی[b]، بگەڕێوە، بگەڕێوە، بگەڕێوە!
بگەڕێوە، بگەڕێوە، بۆ ئەوەی تەماشات بکەین!

[a] ١٤ یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.

[b] ١٣ ناوی ناوچەیە.

### دڵدار

بۆچی تەماشای شولەمیت دەکەن
وەك سەمای مەحەنەیم[a]؟

٧ ئەی کچە میر،
پێیەکانت لەناو پێڵاو چەندە جوانن!
کەوانی ڕانت وەك خشڵە
دەستکردی دەستی وەستای کارامەیە.
٢ ناوکت جامێکی خڕە
شەرابی تێکەڵاوی لێ کەم ناکات،
ناوقەدت خەرمانی گەنمە
بە سەوسەن پەرژین کراوە.
٣ جووتە مەمکەکەت وەك دوو کارمامزن،
وەك جووتێك مامزن.
٤ گەردنت قوللەیەکی عاجە.
چاوەکانت وەك گۆمن لە حەشبۆن
لەبەردەم دەروازەی بەت ڕەبیم.
لووتت وەك قوللەی لوبنانە
ڕووەو دیمەشق دەڕوانێت.
٥ سەرت وەك کێوی کارمەلە بەسەرتەوە و
پرچی سەرت ئەرخەوانییە،
پاشا بەندی ئەگریجەکانە.
٦ چەند جوان و چەند شیرینیت،
ئەی ئەویندارەکەم، من بە تۆ دڵشادم!
٧ ئەم بەژنەت لە دار خورما دەچێت،
مەمکەکانت لە هێشوو.
٨ گوتم: «بەسەر دار خورما دەکەوم،
خۆم بە بەرهەمەکەی دەگرم.»
با مەمکەکانت وەك هێشووە ترێ بن،
بۆنی هەناسەت وەك سێو بێت،
٩ دەمت وەك باشترین جۆری شەراب بێت.

### ئەویندار

با شەرابەکە بە ئاسانی بۆ دڵدارەکەم بڕژێت،
بە نەرمی بەسەر لێو و دداندا بڕوات.
١٠ من بۆ دڵدارەکەمم و
ئەو پەرۆشی منە.
١١ دڵدارەکەم، وەرە با بچینە کێڵگە،
لە گوندەکان شەو بەسەرببەین.
١٢ با بەیانی زوو بگەینە سەر ڕەزەمێوەکان،
ببینین ئاخۆ دار مێو چەکەرەی کردووە،
پەسیرەکان کراونەتەوە،
هەناریش پشکوتووە؟
لەوێ ئەوینەکەمت پێ دەبەخشم.
١٣ گیائادەمە[b] بۆن بڵاو دەکاتەوە،
لە بەردەرگاکەشمان هەموو میوەیەکی بەتام
هەیە،
کۆن و نوێ
کە بۆ تۆم هەڵگرتووە، ئەی دڵدارەکەم.

٨ بریا برای من بووای،
شیرەخۆری مەمکی دایکم!
ئەوا لە دەرەوە تووشت دەهاتم و ماچم
دەکردیت،
بەبێ ئەوەی ڕیسوا بم.
٢ دەمبردیت،
دەمبردیتە ماڵی دایکم،
ئەوەی منی پەروەردە کردووە.
شەرابی تێکەڵاوم دەرخوارد دەدای،
لە خۆشاوی هەنارەکەم.
٣ دەستی چەپی لەژێر سەرمە و
دەستی ڕاستی لە ئامێزم دەگرێت.
٤ ئەی کچانی ئۆرشەلیم، سوێندتان دەدەم
کە خۆشەویستی هەڵنەستێنن و بە ئاگای
نەهێنن
هەتا خۆی حەز دەکات.

### دەستەخوشکەکان

٥ ئەو کچە کێیە لە چۆڵەوانییەوە دێت و

---

[a] ١٣ مەحەنەیم: ناوی شارێك بوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون. بڕوانە پەیدابوون ٢:٣٢.

[b] ١٣ بڕوانە پەیدابوون ٣٠:١٤-١٦.

پاڵی بە دڵدارەکەیەوە داوە؟

### ئەویندار

لەژێر دار سێوەکە بەئاگام هێنای،
لەوێ دایکت بە تۆ سك پڕ بوو،
لەوێ ئەوەی تۆی بوو سکی پێت پڕ بوو.
٦ بمکە مۆر لەسەر دڵت،
مۆر لەسەر بازووت،
چونکە خۆشەویستی وەك مردن بەهێزە،
ئیرەیی وەك گۆڕ سەختە،
خۆشەویستی سووتێنەرە، گڕی ئاگرە،
وەك ئاگرێکی بەهێزە.
٧ ئاوە زۆرەکان ناتوانن خۆشەویستی بکوژێننەوە،
ڕووبارەکان نوقومی ناکەن.
ئەگەر مرۆڤ هەموو سامانی ماڵەکەی
لە پێناوی خۆشەویستی ببەخشێت،
بە بێبەها دادەنرێت.

### دەستەخوشکەکان

٨ خوشکێکی بچووکمان هەیە،
هێشتا مەمکی نەهاتووە.
چی بکەین بۆ خوشکمان،
ئەو ڕۆژەی داخوازیکەری بێت؟
٩ ئەگەر شوورا بێت،
قوولەی زیوین لەسەری بنیاد دەنێین.
ئەگەر دەرگا بێت،
بە تەختەداری ئورز دەوری دەدەین.

### ئەویندار

١٠ من شوورام و
مەمکەکانم وەك قوولەن،
بەم جۆرە لە چاوەکانی
پەسەندی بەدی دەکەم.
١١ سلێمان ڕەزەمێوێکی هەبوو لە بەعلهامۆن،
ئەم ڕەزەمێوی دایە ڕەزەوانان،
هەریەکە و لە بڕی بەرهەمەکەی
هەزار شاقڵ[a] زیوی دەدا.
١٢ بەڵام ڕەزەمێوەکەی خۆم بە ویستی خۆمە
بیبەخشم؛
ئەی سلێمان، هەزار شاقڵ بۆ تۆ بێت،
دوو سەد شاقڵیش[b] بۆ ڕەزەوانەکان.

### دڵدار

١٣ ئەی دانیشتووی ناو باخچەکان!
هاوڕێیان گوێیان لە دەنگت گرتووە،
با گوێم لێت بێت.

### ئەویندار

١٤ ڕابکە، دڵدارەکەم،
وەك ئاسك بە
یان وەك کارمامز
لەسەر ئەو چیایانەی پڕ بۆنوبەرامن.

---

[a] ١١ نزیکەی ١١,٥ کیلۆگرام.
[b] ١٢ دوو سەد شاقڵ نزیکەی ٢,٣ کیلۆگرام.

# ئیشایا

**کورتە باسێک**

**خودا گرنگی بە ڕاستودروستی دەدات، هەروەها گرنگی بەوانەش دەدات کە گوێڕایەڵی دەبن. گرنگی بەو ئیسرائیلییانەش داوە کە ڕاپێچ کرابوون یان مابوونەوە.**

ئەم پەڕتووکە پێشبینییەکانی ئیشایا لەخۆدەگرێت کە نزیکەی لە سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین نووسیویەتییەوە. ماوەی خزمەتی ئیشایا نزیکەی شەستساڵی خایاندووە کە لەو ماوەیەدا چوار پاشا حوکمیان کردووە، دواهەمینیان حەزقیای پاشا بوو. خودا بە پلەی تایبەت ئیشایای بۆ شانشینی یەهودا ناردووە، هەرچەندە پەیامەکەی ئیشایا شانشینی ئیسرائیلیشی لە باکوور لەخۆدەگرت. ئیشایا لە ماوەی شەڕی ناوخۆی نێوان ئیسرائیل و یەهودا ژیاوە لە ماوەی ساڵانی ٧٣٤-٧٣٢ پ. ز. هەروەها وێرانبوونی ئیسرائیلی بینیوە لەسەر دەستی لەشکری ئاشور لە ساڵی ٧٢٢ پ. ز. وانەی ئازاربەخش کە کەوتنی ئیسرائیلی لێ کەوتەوە لەبیری ئیشایا دەرنەچوو، بووە هاندەر بۆ ئەوەی ئیشایا پشت بە خودا ببەستێ. خودا یەهودای لە لەشکرە گەورەکەی پاشای ئاشور پاراست و لەشکرەکەی تووشی دەرد کرد و سەربازگەکانی لەناوبردن. هەروەها، ئیشایا بە چاوی پێشبینییەوە تەماشای سەردەمی دوای خۆی کرد. سەردەمی ڕاپێچکاری و ئەو ڕزگارییەی خودا بۆ گەلەکەی خۆی ئامادەی کردبوو.

پەڕتووکی ئیشایا باسی بەندەیەکی خودای کردووە کە بەندەی ئازارکێشە، مەبەستی لەو بەندەیە عیسای مەسیحە. پەڕتووکەکە زۆر باسی عیسای پەروەردگاری کردووە و لە پەیمانی نوێ چەندین جار لە دەقەکانی ئیشایا وەرگیراوە، چونکە ڕزگاری تەوەری بابەتەکانییەتی. ئەو وێنەیەی ئەم پەڕتووکە سەبارەت بە خودا بۆمان دەردەخات خودا ڕزگارکەری گەلەکەی خۆیەتی، کە لە خاکی میسر لە کۆیلایەتی ڕزگاری کردن، هەر ئەویشە کە مەسیح دەنێرێ بۆ ئەوەی گوناهی هەموومان هەڵبگرێت (٦:٥٣). خودا لێخۆشبوون بە خۆڕایی بە هەرکەسێک دەبەخشێ کە بە باوەڕەوە تۆبە بکات. هەروەها بە وردی باسی شانشینی داهاتووی خودای کردووە لەسەر زەوی کە پڕە لە ئاشتی، خەڵکی واز لە کوشتار دەهێنن و ستایشی خودای پاشایان دەکەن.

١ خودا لە ماوەی پاشایەتی عوزیا و یۆتام و
ئاحاز و حەزقیای پاشایانی یەهودا، دەربارەی
یەهودا و ئۆرشەلیم ئەم بینینانەی بۆ ئیشایای کوڕی
ئامۆچ ئاشکرا کرد.

### نەتەوەیەکی یاخی

٢ ئەی ئاسمان گوێ بگرە و ئەی زەوی گوێ شل
بکە،
چونکە یەزدان دەفەرموێت:
«چەند کوڕێکم گەورە کرد و پێم گەیاندن،
بەڵام ئەوان لێم یاخی بوون.
٣ گا خاوەنەکەی خۆی دەناسێت و
گوێدرێژیش ئاخوڕی خاوەنی خۆی،
بەڵام ئیسرائیل من ناناسێت،
گەلی من تێناگات.»

٤ قوڕبەسەر نەتەوەی گوناهبار،
بەسەر ئەو گەلەی تاوانی قورسە،
توخمی بەدکاران،
کوڕانی گەندەڵین!
وازیان لە یەزدان هێنا،
بە سووکییەوە تەماشای خودا پیرۆزەکەی
ئیسرائیلیان کرد،
پشتیان لێی کرد.

٥ بۆچی دووبارە لێتان بدرێتەوە؟

بۆچی بەردەوامن لە یاخیبوونتان؟
تەواوی سەر نەخۆشە و
هەموو دڵ بیمارە.
٦ لە بنی پێ هەتا تەوقی سەر
کوا تەندروستی تێیدا؟
بەڵکو برین و شین و مۆر بوونەوەیە،
لێدانی تەڕ و تازە
کە نەگوشراوە و نەبەستراوە و
بە ڕۆن نەرم نەکراوە.

٧ خاکەکەتان وێرانە،
شارەکانتان سووتاوە،
لەبەرچاوتان زەوییەکەتان
بێگانەکان دەیخۆن،
وێرانە وەك ئەوەی بێگانە هەڵاوگێڕی کردبێت.
٨ سییۆنی کچ[a] ماوەتەوە،
وەك کەپر لەناو ڕەزەمێودا،
وەك خۆخ لەناو بێستانی خەیاردا،
وەك شارێکی ئابڵوقەدراو.
٩ ئەگەر یەزدانی سوپاسالار
کەمێك دەربازبووی بۆ نەهێشتباینایەوە،
وەك سەدۆممان لێ دەهات،
لە عەمۆرا دەچووین.

١٠ گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن،
ئەی فەرمانڕەوایانی سەدۆم!
گوێ شل بکەن بۆ فێرکردنەکانی خودامان،
ئەی گەلی عەمۆرا!
١١ یەزدان دەفەرموێت:
«بۆچیمە، زۆری قوربانییە سەربڕدراوەکانتان؟
تێربووم لە قوربانی سووتاندنی بەرانەکان و
لە چەوری دابەستەکان،
دڵخۆش نیم
بە خوێنی جوانەگا[b] و بەرخ و تەگەکان[c].
١٢ کە دێن بۆ بینینی ڕووم،
کێ داوای ئەمەی لێکردوون،
کە پێ بنێنە ناو حەوشەکانم؟
١٣ چیتر پێشکەشکراوی دانەوێڵەی بێ کەڵك
مەهێنن!
بخوور قێزەونە بۆ من.
سەرەمانگ و شەممە و بانگەوازی کۆبوونەوە،
تاوان و ئاهەنگگێڕان[d] پێکەوە، بەرگەی ئەمە
ناگرم.
١٤ سەرەمانگ و جەژنەکانتان
گیانم ڕقی لێیانە.
بوون بە بارگرانی بۆم،
لێیان بێزار بووم.
١٥ کاتێك دەستتان پان دەکەنەوە،
چاوم لادەدەم لەسەرتان،
تەنانەت ئەگەر نوێژیش زۆر بکەن،
من گوێ ناگرم.

«دەستتان بە خوێن سوور بووە!

١٦ «خۆتان بشۆن، پاك ببنەوە.
خراپەی کردەوەکانتان
لەبەرچاوم لاببەن!
وازبهێنن لە خراپەکاری،
١٧ فێری چاکە بن!
بەدوای دادپەروەریدا بگەڕێن،
ستەملێکراوان هانبدەن.
دادوەری هەتیو بکەن،
پارێزەری بۆ بێوەژن بکەن.»

١٨ یەزدان دەفەرموێت:
«ئێستا وەرن یەکلایی بکەینەوە.
ئەگەر گوناهەکانتان سووری ئاڵ بێت،

[a] ٨ مەبەست لە وڵاتی یەهودایە.

[b] ١١ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت نۆبەن یان جوانەگا.
[c] ١١ نێری، سابرێن.
[d] ١٣ بڕوانە سەرژمێری ٣٥:٢٩.

وەك بەفر سپی دەبێتەوە؛
ئەگەر وەك قرمز سوور بێت،
وەك خوری لێدێت.
١٩ ئەگەر قایل بن و گوێ بگرن،
خێروبێری خاکەکە دەخۆن.
٢٠ بەڵام ئەگەر قایل نەبن و یاخی بن،
بە شمشێر دەخورێن،»
چونکە دەمی یەزدان فەرمووی.

٢١ «چۆن شارە دڵسۆزەکە
بوو بە لەشفرۆش!
پڕ دادوەری بوو،
ڕاستودروستی تێیدا دەمایەوە،
بەڵام ئێستا پیاوکوژان!
٢٢ زیوت بوو بە خڵت و
شەرابت ئاوی تێکراوە.
٢٣ میرەکانت یاخین و
دۆستی دزانن،
هەموو حەزیان لە بەرتیلە و
دوای پاداشت کەوتوون.
دادوەری بۆ هەتیو ناکەن،
سکاڵای بێوەژن ناگاتە لایان.»

٢٤ لەبەر ئەوە یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار،
توانادارەکەی ئیسرائیل، دەفەرموێت:
«ئای، لە ناحەزانم دەحەسێمەوە و
تۆڵە لە دوژمنانم دەکەمەوە.
٢٥ دژ بە تۆ دەستم درێژ دەکەم،
بە تەواوەتی خڵتەکەت پاك دەکەمەوە،
هەموو خڵت و پیسییەکەت لێ دەکەمەوە.
٢٦ ڕابەرانت دەگەڕێنمەوە وەك یەکەم جار و
ڕاوێژکارانت وەك لە سەرەتا.
پاش ئەمە پێت دەگوترێت
"شاری ڕاستودروستی"،
"شاری دڵسۆز".»

٢٧ بە دادپەروەری سییۆن دەکڕدرێتەوە،
تۆبەکارەکانیشی بە ڕاستودروستی.
٢٨ بەڵام تێکشکانی یاخیبووان و گوناهباران پێکەوە
دەبێت،
وازهێنەران لە یەزدانیش دەفەوتێن.

٢٩ «شەرمەزار دەبن بەو دار بەڕووانەی
ئارەزووتان کرد،
تەریق دەبنەوە بەو باخچانەی
هەڵتانبژارد.
٣٠ چونکە وەك دار بەڕوویێکتان لێدێت کە گەڵاکانی
وەریبێت و
وەك باخچەیەك ئاوی نەبێت.
٣١ مرۆڤی بەهێز دەبێت بە پەڕۆ و
ئیشوکارەکەشی بە پریشکی ئاگر،
جا هەردووکیان پێکەوە دەسووتێن و
کەس نابێت بیانکوژێنێتەوە.»

## کێوی یەزدان

٢ ئەو شتەی ئیشایای کوڕی ئامۆچ بینی سەبارەت بە یەهودا و ئۆرشەلیم:

٢ لە ڕۆژانی کۆتاییدا،

کێوی پەرستگای یەزدان
لەسەر لووتکەی چیاکان جێگیر دەبێت،
بەسەر گردەکانەوە بەرز دەبێتەوە و
هەموو نەتەوەکان بە لێشاو بەرەو لای ئەو
دەچن.

٣ زۆرێك لە گەلان بەڕێ دەکەون و دەڵێن:

«وەرن با بەرەو کێوی یەزدان سەربکەوین،
بۆ ماڵەکەی خودای یاقوب.
فێری ڕێگاکانی خۆیمان دەکات،
بۆ ئەوەی بە ڕێچکەی ئەودا بڕۆین.»
فێرکردن لە سییۆنەوە دەردەچێت،
پەیامی یەزدانیش لە ئۆرشەلیمەوە.
٤ لەنێو نەتەوەکان دادوەری دەکات،
ناوبژی بۆ چەندین گەل دەکات.
شمشێرەکانیان دەکوتنەوە و دەیکەنە گاسن،

ڕمەکانیشیان دەکەنە داس.
هیچ نەتەوەیەك شمشێر لە نەتەوەیەکی دیکە
هەڵناکێشێت،
چیتر فێری جەنگ نابن.

٥ ئەی بنەماڵەی یاقوب وەرن،
با لەژێر ڕووناکی یەزداندا بڕۆین.

## ڕۆژی یەزدان

٦ چونکە وازت لە گەلەکەی خۆت هێنا،
لە بنەماڵەی یاقوب،
پڕ بوون لە بیروبۆچوونەکانی ڕۆژهەڵات و
وەك فەلەستییەکان بەخت دەخوێننەوە،
پابەند بوون بە نەریتی بتپەرستەکان.
٧ خاکیان پڕبوو لە زێڕ و زیو،
گەنجینەکانی سنووریان نییە.
خاکیان پڕبوو لە ئەسپ و
گالیسکەکانی سنووریان نییە.
٨ خاکیان پڕبوو لە بت،
کڕنۆشیان بۆ دەستکردی خۆیان برد،
کە بە پەنجەکانی خۆیان دروستیان کرد.
٩ جا مرۆڤ دەچەمێتەوە و
ئادەمیزاد نزم دەبێتەوە،
لێیان خۆش مەبە.

١٠ لە ڕووی سامی یەزدان و
شکۆی مەزنییەکەی،
بڕۆ ناو کەلەبەرد و
لەناو خۆڵ خۆت بشارەوە!
١١ چاوە بەفیزەکانی مرۆڤ نزم دەکات و
لووتبەرزی ئادەمیزاد دەچەمێنێتەوە،
لەو ڕۆژەدا تەنها یەزدان بە گەورە دەزانرێت.

١٢ چونکە یەزدانی سوپاسالار ڕۆژێکی هەیە
لە دژی هەموو خۆبەزلزان و لووتبەرزێك،
لە دژی هەموو خۆهەڵکێشێك کە
نزم دەبنەوە،
١٣ لە دژی هەموو دار ئۆرزە بەرز و بڵندەکانی
لوبنان،
لە دژی هەموو دار بەڕووەکانی باشان،
١٤ لە دژی هەموو چیا بەرزەکان و
لە دژی هەموو کێوە بڵندەکان،
١٥ لە دژی هەموو قوللەیەکی بەرز،
لە دژی هەموو شوورایەکی سەخت،
١٦ لە دژی هەموو کەشتییەکانی تەرشیش،
لە دژی هەموو دەستکردێکی دڵگیر.
١٧ جا فیزی مرۆڤ دەچەمێتەوە و
لووتبەرزی ئادەمیزاد نزم دەبێت،
لەو ڕۆژەدا تەنها یەزدان بە گەورە دەزانرێت و
١٨ هەموو بتەکان لەناودەچن.

١٩ کاتێك یەزدان بۆ هەژاندنی زەوی هەڵدەستێت،
مرۆڤ لە ڕووی سامی شکۆی مەزنییەکەی
دەچێتە ناو کەلێنی تاشەبەردەکان و
ناو چاڵەکانی خۆڵ.
٢٠ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ
ئەو بتە زیو و زێڕانەی
کە بۆ پەرستن دروستی کردوون،
بۆ مشکەکوێرە و بۆ شەمشەمەکوێرە
فڕێدەدات.
٢١ کاتێك یەزدان بۆ هەژاندنی زەوی هەڵدەستێت،
مرۆڤ لە ڕووی سامی شکۆی مەزنییەکەی
دەچێتە ناو کەلێنی تاشەبەردەکانەوە و
بۆ کەلەبەرەکانی ناو تاوێرەکان.

٢٢ دەست لە مرۆڤ بکێشنەوە!
ئەوەی تەنها هەناسەیەکی لە لووتدایە،
چونکە حیسابی چی بۆ دەکرێت؟

## دادوەری لەگەڵ ئۆرشەلیم و یەهودا

٣ چونکە ئەوەتا پەروەردگار،
یەزدانی سوپاسالار،
بەتەمایە لە ئۆرشەلیم و لە یەهودا دابماڵێت
پاڵپشتی و پشتگیری،

هەموو پاڵپشتییەکی نان و ئاو،
٢ پاڵەوان و جەنگاوەر،
دادوەر و پێغەمبەر و
فاڵگرەوە و پیر و
٣ سەرۆکی پەنجاکان و پیاوماقوڵان،
ڕاوێژکار و پیشەوەری دانا و نوشتەکەری
تێگەیشتوو.

٤ مێردمنداڵان دەکەم بە میریان،
منداڵان فەرمانڕواییان دەکەن.

٥ گەل لەنێو خۆیان ستەم لە یەکتری دەکەن،
هەرکەسە و لە هاوڕێکەی.
مێردمنداڵ لە پیر ڕاست دەبێتەوە،
چروکیش لە سەنگین.

٦ چونکە پیاو یەخەی برای خۆی دەگرێت
لە ماڵی باوکی و دەڵێت:
«تۆ کەوات هەیە، ببە بە سەرۆکمان و
ئەم کاولگەیەش لەژێر دەستتە!»
٧ لەو ڕۆژەدا دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:
«نابم بە چارەساز،
نان و بەرگ لە ماڵەکەم نییە.
مەمکەن بە سەرۆکی گەل.»

٨ ئۆرشەلیم شکست دەخوات و
یەهوداش دەکەوێت،
چونکە زمانیان و کردەوەکانیان لە دژی یەزدانە،
بۆ یاخیبوون لەبەرچاوی شکۆمەندییەکەی.
٩ دیمەنی ڕوخساریان شایەتییان لەسەر دەدات،
وەك سەدۆم گوناهەکەیان ڕادەگەیەنن،
نایشارنەوە.
قوڕبەسەریان،
چونکە خراپە دەهێننە سەر خۆیان!

١٠ بڵێن، ڕاستودروستان خۆشحاڵن
چونکە بەری کردەوەکانی خۆیان دەخۆن.
١١ قوڕبەسەر بەدکار! خراپەی بۆ دەبێت،
چونکە پاداشتی کردەوەکانی دەستی خۆی
وەردەگرێت.

١٢ منداڵان ستەم لە گەلی من دەکەن و
ژنان فەرمانڕەوایەتی دەکەن.
گەلی من، ڕاستەڕێکارانت چەواشەکارن و
ڕێگای هاتوچۆی تۆیان تێکداوە.

١٣ یەزدان لە شوێنی دادوەر دانیشت،
هەستا بۆ حوکمدان بەسەر گەلان.
١٤ یەزدان دەست بە دادوەری دەکات،
لەگەڵ پیرانی گەلەکەی و میرەکانیان:
«ئێوە بوون ڕەزەمێوەکەتان لووشدا،
ڕووتانەوەی هەژاران لە ماڵەکانتانە.
١٥ ئەوە چیتانە، گەلەکەم وردوخاش دەکەن و
ڕووی هەژاران دەهاڕن؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، پەروەردگاری
سوپاسالار.

١٦ یەزدان دەفەرموێت:
«کچانی سییۆن لەخۆبایی بوون،
گەردنیان دەرخستووە و
بە چاوبازییەوە دەڕۆن،
بە لارولەنجەوە دەڕۆن
بە زرنگەی لەرزانەی گۆزینگیان.
١٧ لەبەر ئەوە پەروەردگار تەپڵی سەری کچانی
سییۆن کەچەڵ دەکات،
یەزدان ڕووتی ئەوان بەدەردەخات.»

١٨ لەو ڕۆژەدا پەروەردگار جوانکاری دادەماڵێت:
لەرزانە و لاسەرە و ملوانکە، ١٩ گوارە و بازن و
پەچە، ٢٠ سەرپێچ و قۆڵبەست و پشتێن و تەلیسم و
چەناخە، ٢١ ئەنگوستیلە و خەزێم، ٢٢ جلوبەرگی جەژن
و پاڵتۆ و چارۆکە و جزدان و ٢٣ ئاوێنە، کراسی کەتان
و سەرپۆش و کۆڵوانەکان.

٢٤ جا لە جێی بۆنوبەرام، بۆگەنی و
لە جێی کەمەربەند گوریس و
لە جێی پرچی بە ئەگریجە سەری ڕووتاوە و

لە جێی بەرگی گرانبەها گوش[a] لەبەر دەکەن،
نیشانەی داغیش لە جێی جوانی دەبێت.
٢٥ پیاوەکانتان بە شمشێر و
پاڵەوانەکانتان لە جەنگدا دەکەون.
٢٦ جا دەروازەکانی سییۆن شین دەگێڕن و دەگریێن،
بێکەس لەسەر زەوی دادەنیشن.
٤ حەوت ژن یەك پیاو دەگرن
لەو ڕۆژەدا،
دەڵێن: «نانی خۆمان دەخۆین و
بەرگی خۆمان لەبەر دەکەین،
تەنها با بە ناوی تۆوە بانگ بکرێین.
ڕیسواییەکەمان ڕاماڵە!»

## لقی یەزدان

٢ لەو ڕۆژەدا لقی یەزدان[b] دەبێتە جوانی و شکۆ،
بەروبوومی زەویش دەبێتە شانازی و قەشەنگی
بۆ دەربازبووانی ئیسرائیل. ٣ جا ئەوەی لە سییۆن
ماوەتەوە و ئەوەی لە ئۆرشەلیم بەجێماوە، پێی
دەگوترێت، پیرۆز، هەموو ئەوانەی لە ئۆرشەلیم
بۆ ژیان تۆمارکراون. ٤ کە پەروەردگار پیسی کچانی
سییۆن بشوات و خوێنەکانی ئۆرشەلیم لەناوەڕاستی
پاك بکاتەوە، بە ڕۆحی حوکمدان و بە ڕۆحی سووتان.
٥ ئینجا یەزدان لەسەر هەموو شوێنێکی کێوی سییۆن
و لەسەر ئەوانەی لەوێ کۆدەبوونەوە، بە ڕۆژ هەور
و بە شەو دووکەڵ و پڕشنگی ئاگری بڵێسەدار بەدی
دەهێنێت، لەسەر هەموو شکۆیەك کەپر دەبێت. ٦ بە
ڕۆژ لەبەر گەرما دەبێت بە چادر بۆ سێبەر و لە لافاو
و بارانیش دەبێت بە داڵدە و پەناگا.

## گۆرانی ڕەزەمێوەکە

٥ با گۆرانی بڵێم بۆ خۆشەویستەکەم،
گۆرانی خۆشەویستەکەم بۆ
ڕەزەمێوەکەی:
خۆشەویستەکەم ڕەزەمێوێکی هەبوو
لەسەر گردێکی بەپیت.
٢ بنکۆڵی کرد و بەردی لێ بژار کرد،
شامێویشی لێ چاند.
قوللەیەکی چاودێری لەناوەڕاست بنیاد نا،
هەروەها گوشەرێکی تێدا هەڵکۆڵی.
بە هیوا بوو ترێ بگرێت،
بەڵام پەسیرەی[c] کێوی گرت.
٣ «ئێستا ئەی دانیشتووانی ئۆرشەلیم و ئەی
پیاوانی یەهودا،
تکایە لەنێوان من و ڕەزەمێوەکەم دادوەری
بکەن.
٤ چی دی هەیە بۆ ڕەزەمێوەکەم بکرێت کە
من نەمکردبێت؟
کاتێك من هیوادار بووم ترێ بگرێت
بۆچی پەسیرەی کێوی گرت؟
٥ ئێستا پێتان دەڵێم
چی لە ڕەزەمێوەکەم دەکەم:
پەرژینەکەی لێ دەکەمەوە و
دەبێتە لەوەڕگا،
دیوارەکەی دەڕووخێنم،
دەبێتە پێپەست.
٦ دەیکەمە کەلاوە،
نە پەرچ دەکرێت و نە ژێری هەڵدەدرێتەوە،
دڕکوداڵ سەرهەڵدەدات.
فەرمان بە هەورەکان دەکەم
باران بەسەریدا نەبارێنن.»
٧ ڕەزەمێوی یەزدانی سوپاسالار
بنەماڵەی ئیسرائیلە و
پیاوانی یەهوداش
نەمامی شادی ئەون.
بە هیوای دادوەری بوو، بەڵام ئەوەتا خوێنڕژانە؛
بە هیوای ڕاستودروستی بوو، بەڵام ئەوەتا داد
و بێدادە.

---

[a] ٢٤ ڕیشاڵێکی ڕووەکییە کە لەو سەردەمە بەرگی ماتەمی لێ دروستدەکرا.

[b] ٢ لقی یەزدان: نازناوە بۆ مەسیح کە لە نەوەی داوەدە.

[c] ٢ بەرسیلەی.

## دادوەری یەزدانی سوپاسالار

٨ قوڕبەسەر ئەوانەی خانوو بە خانووەوە دەلکێنن و
کێڵگە لە کێڵگە نزیك دەکەنەوە
هەتا هیچ جێیەك نەما و
بە تەنها خۆتان لە خاکەکە نیشتەجێ بوون.
٩ بە ڕاستی گوێم لێ بوو کە یەزدانی سوپاسالار فەرمووی:

«بێگومان کۆشکی مەزن دەبێتە کەلاوە،
خانووی گەورە و خۆشیش چۆڵەوانی.
١٠ چونکە جێی دە دۆنم ڕەزەمێو، یەك بەت[a]
شەراب بەرهەم دەهێنێت و
حۆمەرێك[b] تۆویش ئێفەیەك[c] بەرهەم دەهێنێت.»

١١ قوڕبەسەر ئەوانەی بەیانییان زوو هەڵدەستن
بەدوای شەراب دەکەون،
لە زەردەپەڕی ئێواران دوا دەکەون
مەی گڕی تێبەرداون.
١٢ قیسارە و ساز، دەف و شمشاڵ و
شەراب بووە بە خەو و خۆراکیان،
بەڵام ئاوڕ لە کاری یەزدان نادەنەوە،
دەستکردەکانی نابینن.
١٣ لەبەر ئەوە گەلەکەم لەبەر نەزانی ڕاپێچ دەکرێن،
سەنگینەکانی لە برسان دەمرن،
سادە و ساکارەکانی لە تینووان وشك دەبن.
١٤ لەبەر ئەوە جیهانی مردووان خۆی پانوپۆڕ کرد و
بێ ئەندازە دەمی خۆی کردەوە،
تاکو بەگزادە و ڕەشۆکی و شەڕانگێزان،
لەگەڵ هەموو ئەوانەش کە شانازی بە
ئۆرشەلیم دەکەن، شۆڕ ببنەوە ناوی.
١٥ مرۆڤ دەچەمێتەوە و
پیاو نزم دەبێت،
چاوی بەفیزان نزم دەبێت،
١٦ بەڵام یەزدانی سوپاسالار بە دادوەری بە گەورە دەزانرێت،
خودای پیرۆز بە ڕاستودروستییەکەی
دەردەکەوێت کە پیرۆزە.
١٧ مەڕەکان دەلەوەڕێن وەك لە لەوەڕگای خۆیان،
بەرخەکانیش لە کەلاوەی دەوڵەمەندەکان
دەلەوەڕێن.

١٨ قوڕبەسەر ئەوانەی بە پەتی پووچی تاوان
ڕادەکێشرێن،
گوناهیش وەك گوریسی عەرەبانە،
١٩ ئەوانەی دەڵێن: «با خودا پەلە بکات،
با خێرا بێت لە کارەکەی
بۆ ئەوەی ببینین.
با نزیك بێتەوە و بێتە دی،
هەتا بزانین پلانی خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل.»

٢٠ قوڕبەسەر ئەوانەی بە خراپ دەڵێن چاك و
بە چاکیش دەڵێن خراپ،
ئەوانەی تاریکی دەکەن بە ڕووناکی و
ڕووناکیش دەکەن بە تاریکی،
ئەوانەی تاڵ دەکەن بە شیرین و
شیرین دەکەن بە تاڵ.

٢١ قوڕبەسەر ئەوانەی لەبەرچاوی خۆیان دانان،
لەلای خۆیان تێگەیشتوون.

٢٢ قوڕبەسەر ئەوانەی لە شەراب خواردنەوە
پاڵەوانن،
پیاوی ئازان بۆ تێکەڵکردنی مەی،
٢٣ بۆ بەرتیل خراپەکار بێتاوان دەکەن،
ڕاستودروستانیش لە مافی خۆیان بێبەش
دەکەن.
٢٤ لەبەر ئەوە وەك کا بە زمانی ئاگر قووت بدرێت،
وەك گژوگیای گڕگرتوو داکەوێت،
ڕەگیان وەك کەڕووی لێدێت،
خونچەیان وەك تۆز بەرز دەبێتەوە؛

---

[a] ١٠ یەك بەت دەکاتە ٢٢ لیتر.
[b] ١٠ نزیکەی ١٦٠ کیلۆگرامی تۆو.
[c] ١٠ نزیکەی ١٦ کیلۆگرام.

چونکە فێرکردنی یەزدانی سوپاسالاریان
ڕەتکردەوە،
سووکایەتییان بە وشەی خودا پیرۆزەکەی
ئیسرائیل کرد.
٢٥ لەبەر ئەوە تووڕەیی یەزدان لەسەر گەلەکەی
جۆشا،
دەستی بۆ درێژکرد و لێیدا.
چیاکان هەژان و
جەستەکانیان وەک زبڵی سەر شەقامەکانی
لێهات.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی
دانەمرکایەوە،
هێشتا دەستی درێژکردووە.

٢٦ ئاڵا بۆ نەتەوە دوورەکان بەرز دەکاتەوە،
فیکە بۆ ئەوانە دەکێشێت کە لەوپەڕی زەوین.
ئەوەتا خێرا بە پەلە دێن!
٢٧ نە ماندوو لەنێویاندایە و نە شەکەت،
نە دەخەوێت و نە خەواڵو دەبێت،
نە پشتێنی ناوقەدی دەکرێتەوە و
نە ئاوزەنگی[a] پێڵاوەکانی دەپچڕێت.
٢٨ ئەوانەی تیرەکانیان تیژ و
کەوانەکانیان توند کراوە،
سمی ئەسپەکانیان وەک بەردەئەستێن،
چەرخەی گالیسکەکانیان وەک گەردەلوولە.
٢٩ نەڕەیان وەک نەڕەی شێرە مێیە و
وەک بەچکە شێر دەنەڕێنن،
دەمرێنن و نێچیر دەگرن،
دەیبەن و کەس ڕزگاریان ناکات.
٣٠ لەو ڕۆژە بەسەریدا دەنەڕێنن،
وەک هاژەی دەریا.
دەڕواننە خاکەکە و دەبینن
وا تاریکییەکی تەنگە،
ڕووناکیش بە هەورەکانی تاریک بووە.

[a] ٢٧ ئاوەزێنە.

## دانانی ئیشایا لەسەر ئەرک

٦ لە ساڵی مردنی عوزیای پاشادا، پەروەردگارم
بینی لەسەر تەختێکی بەرز و بڵند دانیشتبوو،
دامێنیشی پەرستگاکەی پڕکردبوو. ٢ سەرافیمەکان[b]
لەبەردەستی بوون، هەریەکە شەش باڵیان هەبوو،
بە دووانیان ڕووی خۆی داپۆشی بوو، بە دووانی
دیکەیان پێیەکانی داپۆشی بوو، بە دووانیش دەفڕی.
٣ ئەمیان بانگی ئەوەی دیکەی کرد و گوتی:

«یەزدانی سوپاسالار پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە!
شکۆمەندییەکەی هەموو زەویی پڕکردووە.»

٤ چوارچێوە و سەکۆی دەروازەکان لە دەنگی بانگدەر
لەرینەوە و پەرستگاکە پڕبوو لە دووکەڵ.
٥ گوتم: «قوڕبەسەرم، فەوتام! چونکە من
کابرایەکی لێو گڵاوم و لەنێو گەلێکی لێو گڵاودا
نیشتەجێم و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانم پاشا یەزدانی
سوپاسالاریان بینی.»
٦ ئینجا یەکێک لە سەرافیمەکان بۆ لای من فڕی
و پشکۆیەکی بەدەستەوە بوو بە مەقاش لەسەر
قوربانگاکەوە هەڵیگرت و ٧ لە دەمی منی سووی و
گوتی: «ئەوەتا ئەمە لە لێوت سوا، تاوانت داماڵرا و
گوناهت کەفارەتی بۆ کرا.»
٨ ئینجا گوێم لە دەنگی پەروەردگار بوو،
دەیفەرموو: «کێ بنێرم و کێ بۆمان دەڕوات؟»
منیش گوتم: «ئەوەتام، من بنێرە.»
٩ ئەویش فەرمووی: «بڕۆ و بەم گەلە بڵێ:

«”هەمیشە ببیستن بەڵام تێمەگەن،
هەمیشە سەیر بکەن، بەڵام مەبینن.“
١٠ دڵی ئەم گەلە ڕەق بکە،
گوێی گران بکە و
چاوی بنوقێنە،
نەوەک بە چاوی ببینێت و
بە گوێی ببیستێت،
بە دڵی تێبگات و

[b] ٢ سەرافیمەکان: جۆرە بوونەوەرێکی ئاسمانین کە دەکرێت
جۆرێکی تایبەتی فریشتە بن.

بگەڕێتەوە و چاك ببێتەوە.»
١١ منیش گوتم: «ئەی پەروەردگار، هەتا کەی؟»
ئەویش فەرمووی:
«هەتا شارەکان دەبن بە وێرانەی
بێ ئاوەدانی و
ماڵەکانیش بێ خەڵك و
کێڵگەکانیش وێران و چۆڵەوانی،
١٢ با وای لێ بێت یەزدانیش مرۆڤ دووربخاتەوە و
شوێنی بەجێهێڵراو لەناو خاکەکە زۆر دەبێت.
١٣ ئەگەر دەیەکی تێدا مایەوە،
جارێکی دیکە بۆ سووتان دەبێت.
بەڵام وەك دارەبەن و دار بەڕوو،
کە کاتێك دەبڕێنەوە بنەدارەکەیان هەر
دەمێنێت،
پاشماوەی ئەو گەلەش وەك بنەدارێکە و
زیندوو دەبێتەوە.»

## نیشانەی ئیمانوێل

٧ لە سەردەمی پاشایەتی ئاحازی کوڕی یۆتام
کوڕی عوزیای پاشای یەهودا، ڕەچینی پاشای
ئارام و پەقەحی کوڕی ڕەمەلیاهوی پاشای ئیسرائیل
هێرشیان کردە سەر ئۆرشەلیم، بەڵام نەیانتوانی
دەستی بەسەردا بگرن.
٢ هەروەها بە بنەماڵەی داود[a] ڕاگەیەنرا و گوترا:
«ئارامییەکان لەگەڵ ئەفرایم پەیمانیان بەستووە.»
جا دڵی ئەو و دڵی گەلەکەی لەرزین، وەك لەرزینی
داری دارستان لە ڕووی بادا.
٣ یەزدانیش بە ئیشایای فەرموو: «ئێستا بچۆ بۆ
پێشوازی ئاحاز، خۆت و شئار یاشوبی کوڕت، لە
کۆتایی ئاوباری گۆمەکەی سەرەوە لەلای ڕێگای
کێڵگەی جلشۆرەکە و ٤ پێی بڵێ: ”وریا و هێدی
بە، مەترسە و با دڵت وەرە بەر نەدات لەبەر گڕی
تووڕەیی ڕەچین و ئارام و کوڕەکەی ڕەمەلیاهو، وەك
دوو پارچە داری سووتێنراو دووکەڵ دەکەن. ٥ لەبەر
ئەوەی ئارام لەگەڵ ئەفرایم و کوڕەکەی ڕەمەلیاهو
پیلانی خراپەیان لە دژی تۆ ناوەتەوە و گوتیان،
٦ ’دەچینە سەر یەهودا و پەلاماری دەدەین، داگیری
دەکەین و لەناوەندیدا کوڕەکەی تاڤئێل بە پاشا
دادەنێین.‘ ٧ یەزدانی باڵادەستیش ئەمە دەفەرموێت:

«”سەرناگرێت و نابێت،
٨ چونکە سەری ئارام دیمەشقە و
سەری دیمەشقیش ڕەچینە،
لە ماوەی شەست و پێنج ساڵدا
ئەفرایم دەشکێت و وەك گەل نامێنێت.
٩ سەری ئەفرایمیش سامیرەیە و
سەری سامیرەش کوڕەکەی ڕەمەلیاهوە.
ئەگەر لە باوەڕدا نەچەسپێن،
لە دڵنیاییدا نابن.“»

١٠ جارێکی دیکە یەزدان بە ئاحازی فەرموو: ١١ «بۆ
خۆت داوای نیشانەیەك لە یەزدانی پەروەردگارت
بکە، جا چ لە قووڵترینی قووڵاییەکان بێت یان لە
بەرزترینی بەرزاییەکان.»
١٢ ئاحازیش گوتی: «هیچ داوا ناکەم و یەزدان تاقی
ناکەمەوە.»
١٣ ئینجا ئیشایا گوتی: «ئێستا ئەی بنەماڵەی داود،
گوێ بگرن! خەڵکت بێزار کرد، ئەمە بەس نییە؟
ئێستاش دەتەوێ خوداکەم بێزار بکەیت؟ ١٤ لەبەر
ئەوە پەروەردگار خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ، ئەوەتا
پاکیزەیەك سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ
دەنێت ئیمانوێل[b]. ١٥ دەڵەمە[c] و هەنگوین دەخوات،
کاتێك دەزانێت خراپە ڕەت بکاتەوە و چاکە
هەڵبژێرێت، ١٦ چونکە پێش ئەوەی کوڕەکە بزانێت
خراپە ڕەت بکاتەوە و چاکە هەڵبژێرێت، ئەو خاکەی
کە تۆ لە دوو پاشاکەی دەترسیت دەبێتە چۆڵەوانی.
١٧ یەزدان سەردەمێك بەسەر خۆت و گەلەکەت و
بنەماڵەکەتدا دەهێنێت، لە ڕۆژی هەڵگەڕانەوەی

[a] ٢ مەبەستی لە ئاحازی نەوەی داودە.

[b] ١٤ بڕوانە مەتا ١:‏٢١. ئیمانوێل واتە خودا لەگەڵمانە.

[c] ١٥ یان دەرەمە، قۆناغی پێش دروستبوونی پەنیر.

ئەفرایمەوە لە یەهودا سەردەمی وا نەهاتبێت. واتە پاشای ئاشور.»

## یەزدان ئاشور بەکاردەهێنێت

[١٨]لەو ڕۆژە، یەزدان فیکە بۆ مێشەکان لێدەدات،
ئەوانەی لەوپەڕی جۆگە ئاوەکانی میسرن و
هەروەها بۆ ئەو هەنگانەی کە لە خاکی ئاشورن.
[١٩]جا دێن و هەموو لەناو شیوە هەڵدێرەکان و
لەناو کون و کەلەبەری گابەردەکان و لەناو هەموو
دڕکوداڵەکان و لەناو هەموو لەوەڕگاکان دەنیشنەوە.
[٢٠]لەو ڕۆژەدا پەروەردگار بە گوێزانێکی بەکرێگیراو
لەوبەری ڕووباری فوراتەوە، کە پاشای ئاشورە، سەر و
مووی بەرتان دەتاشێت و ڕیشیش دادەماڵێت. [٢١]لەو
ڕۆژەدا، پیاو مانگایەك و دوو مەڕ بەخێو دەکات،
[٢٢]جا ئەوەندە شیر دەدەن هەر دەڵەمە دەخوات،
چونکە هەموو ئەوانەی لەناو خاکەکە دەمێننەوە
دەڵەمە و هەنگوین دەخۆن. [٢٣]لەو ڕۆژەدا، هەر
شوێنێك کە لێی بوو هەزار ڕەز بە هەزار شاقڵ[a] زیو،
دەبێت بە دڕکوداڵ. [٢٤]بە تیر و بە کەوانەوە دێنە
ئەوێ، چونکە هەموو زەوییەکە دەبێت بە دڕکوداڵ.
[٢٥]هەموو ئەو چیایانەی کە بە قازمە کون دەکران
کەس نایەتە ئەوێ لە ترسی دڕکوداڵ، بەڵکو گاگەلی
تێدا بەڕەڵا دەکرێت و مەڕ پێپەستی دەکات.

## ئیشایا و منداڵان وەك نیشانە و هێما

٨ یەزدان پێی فەرمووم: «پارچە چەرمێکی گەورە
بۆ خۆت ببە و بە پێنووسی قامیش لەسەری
بنووسە: "مەهێر شالال حاش بەز.[b] "» [٢]هەروەها
دوو شایەتی سەرڕاست بۆ خۆم بکەم بە شایەت،
ئوریای کاهین و زەکەریای کوڕی یەڤەرەخیا.
[٣]لە پێغەمبەرە ژن[c] نزیك بوومەوە و سکی بوو
و کوڕێکی بوو. یەزدانیش پێی فەرمووم: «ناوی
بنێ: مەهێر شالال حاش بەز، [٤]چونکە بەر لەوەی
منداڵەکە بزانێت بڵێت "بابە" و "دایە"، سامانی دیمەشق و دەستکەوتی سامیرە دەهێنرێتە بەردەم پاشای ئاشور.»
[٥]ئینجا یەزدان دووبارە قسەی لەگەڵمدا کردەوە و فەرمووی:

[٦]«لەبەر ئەوەی ئەم گەلە
ئاوی هێمنی شیلۆوەحی[d] ڕەتکردەوە،
دڵخۆش بوو بە ڕەچین و
کوڕەکەی ڕەمەلیاهو،
[٧]لەبەر ئەوە پەروەردگار خەریکە
ئاوی ڕووبارە[e] بەهێز و زۆرەکە بەسەریاندا هەڵدەستێنێت،
مەبەست لە پاشای ئاشور و هەموو شکۆمەندییەکەیەتی.
جا بەسەر هەموو جۆگەکانیدا سەردەکەوێت و
بەسەر هەموو کەنارەکانیدا دەڕوات،
[٨]بەناو یەهودا ڕەت دەبێت، هەڵدەچێت و
تێدەپەڕێت هەتا دەگاتە گەردن،
لێککشانی باڵەکانی پڕ بە پانتایی خاکەکەتە،
ئەی ئیمانوێل!»

[٩]ئەی گەلینە، گەلەکۆمە بکەن و بشکێنەوە!
ئەی هەموو خاکە دوورەکانی جیهان، گوێ بگرن:
خۆتان توند بکەن و بشکێنەوە!
خۆتان توند بکەن و بشکێنەوە!
[١٠]ڕاوێژ بکەن، پووچ دەبێت،
قسە بکەن، سەرناگرێت،
چونکە خودا لەگەڵمانە.[f]

[١١]یەزدان بەم جۆرەی پێ فەرمووم، کە دەستی گرتم و ئاگاداری کردمەوە بە ڕێگای ئەم گەلەدا نەڕۆم:

[a] ٢٣ نزیکەی ١١,٥ کیلۆگرام.
[b] ١ مەهێر شالال حاش بەز: واتە خێرا بۆ تاڵانکردن.
[c] ٣ مەبەست لە ژنەکەی خۆیەتی کە ئەویش پێغەمبەر بووە.

[d] ٦ شیلۆوەح: هەمان ئاوی سیلوامە. بڕوانە نەحەمیا ١٥:٣ و یۆحەنا ٧:٩.
[e] ٧ واتە ڕووباری فورات.
[f] ١٠ عیبری: ئیمانوێل. بڕوانە ١٤:٧ و مەتا ٢٣:١.

١٢«مەڵێ ”پیلانگێڕییە!“
بە هەموو ئەوەی ئەم گەلە پێی دەڵێت
پیلانگێڕی،
مەترسە لەوەی کە ئەوان لێی دەترسن،
مەتۆقە.
١٣تەنها یەزدانی سوپاسالار بە پیرۆز دابنێ و
دەبێ لەو بترسی،
لەو بتۆقی.
١٤ئەو دەبێتە پیرۆزگا،
بەڵام بۆ هەردوو بنەماڵەکەی ئیسرائیل
دەبێتە بەردێك بۆ کۆسپ،
تاشەبەردێکیش کە لێی بکەونە خوارەوە.
بۆ دانیشتووانی ئۆرشەلیم
دەبێت بە تەڵە و داو.
١٥زۆر کەس ساتمەی لێ دەکەن و دەکەون،
دەکەون و تێکدەشکێن،
بە داوەوە دەبن و دەگیرێن.»

١٦ئەم شایەتییە بۆ ئاگادارکردنەوە بپێچەوە،
فێرکردنەکە بە قوتابییەکانم مۆر بکە.
١٧چاوەڕێی یەزدان دەکەم،
ئەو کە ڕووی خۆی لە بنەماڵەی یاقوب
شاردووەتەوە،
پشتبەستنم بەوە.

١٨ئەوەتا خۆم و ئەو منداڵانەی یەزدان پێیداوم،
وەك نیشانە و هێما لەناو ئیسرائیل، لەلایەن یەزدانی
سوپاسالارەوە کە لە کێوی سییۆن نیشتەجێیە.

## تاریکی دەبێتە ڕووناکی

١٩کە پێتان دەڵێن: «”پرسیار لە نێوانگرەکان[a] و
ڕۆح ئامادەکاران[b] بکەن کە ورتەورت و چپەچپیانە،“
پێیان بڵێ: ”ئەی گەل، لە خوداکەتان بپرسن. ئایا لە
پێناو زیندووان پرسیار لە مردووان دەکەن؟“ ٢٠بەرەو
فێرکردنەکە و بەرەو شایەتییەکە! ئەگەر وەك ئەم
قسەیە نەکەن، گزنگی بەیانییان نابێت. ٢١بە سەختی
و برسێتییەوە پێیدا تێدەپەڕن، کاتێك برسی دەبن
و قینیان هەڵدەستێت نەفرەت لە پاشای خۆیان و
خودای خۆیان دەکەن و سەر هەڵدەبڕن. ٢٢ئینجا
تەماشای زەوی دەکەن، ناخۆشی و تاریکی و ڕەشی
دەبینن، فڕێدەدرێنە ناو تەنگانە و سێبەری مەرگ.»

٩ بەڵام ئەوانەی لەژێر گوشار بوون لە تاریکی تەنگانەدا نامێنن، وەك سەردەمی پێشوو خاکی زەبولون و خاکی نەفتالی زەلیل کردەوە، سەردەمی کۆتایی ڕێز لە جەلیلی نەتەوەکان دەگرێت، ئەوەی لە ڕێگای دەریایە، ئەوبەری ڕووباری ئوردون، جەلیلی نەتەوەکان.

٢ئەو گەلەی بە تاریکیدا دەڕۆیشت،
ڕووناکییەکی گەورەی بینی،
دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ
ڕووناکی بەسەریاندا هەڵات.
٣ئەو نەتەوەیەت زۆر کرد و
خۆشییەکی گەورەت پێی بەخشی،
لەبەردەمت دڵخۆش بوو
وەك خۆشی کاتی دروێنە،
وەك ئەوانەی شاد دەبن
بە دابەشکردنی دەستکەوت.
٤چونکە نیری بارگرانی ئەو و
داری پشتی ئەو و
کوتەکی بێگاری پێکردنی ئەوت
وەك ڕۆژی میدیان شکاند.
٥چونکە هەموو پۆستاڵی جەنگاوەران لە گەرمەی
شەڕدا و
بەرگی لەناو خوێن گەوزاو
بۆ سووتان دەبێت،
سووتەمەنییە بۆ ئاگر،
٦چونکە کوڕێکمان دەبێت،
کوڕێکمان پێدەدرێت و
سەرکردایەتی دەکەوێتە سەرشانی.

[a] ١٩ نێوانگرەکان: لێرە بەو واتایە دێت، ئەو کەسانە کە گوایە هۆی پەیوەندی ڕێکخەرن لەنێوان خەڵکی مردوو و زیندوودا.

[b] ١٩ ڕۆح ئامادەکاران: بەو کەسانە دەگوترێت کە ڕۆح ئامادە دەکەن. بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢٨:٣؛ ٨–٩.

ناوی لێ دەنرێت
سەرسوڕهێنەر و ڕاوێژکار، خودای بە توانا،
باوکی هەتاهەتایی، میری ئاشتی.
٧ گەشەسەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی
بێ کۆتایی دەبێت.
لەسەر تەختی داود و بەسەر شانشینەکەی
پاشایەتی دەکات
بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی،
بە دادپەروەری و بە ڕاستودروستی
لە ئێستاوە و هەتاهەتایە.
دڵگەرمی یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەکات.

## تووڕەیی یەزدان لە دژی ئیسرائیل

٨ پەروەردگار وشەیەکی لە دژی یاقوب نارد و
بەسەر ئیسرائیلدا کەوت.
٩ گەل هەمووی دەزانن،
ئەفرایم و دانیشتووانی سامیرە،
بە لووتبەرزی و
فیزی دڵەوە دەڵێن:
١٠ «خشت ڕووخا،
بەڵام بە بەردی تاشراو بنیاد دەنێینەوە،
هەنجیرە کێوی بڕایەوە،
بەڵام داری ئورز لە شوێنی دادەنێین.»
١١ یەزدان دوژمنانی ڕەچینی پاشای لێ
هەڵدەستێنێت،
ناحەزانی جۆش دەدات.
١٢ ئارامییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و فەلەستییەکان لە
ڕۆژئاواوە
پڕ بە دەم ئیسرائیل هەڵدەلووشن.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی
دانەمرکایەوە،
هێشتا دەستی درێژکردووە.

١٣ گەل هێشتا نەگەڕایەوە لای لێدەرەکەی،
ڕوویان لە یەزدانی سوپاسالار نەکرد.
١٤ یەزدان لە ئیسرائیل سەر و کلك دەبڕێت،
دار خورما و قامیش لە یەك ڕۆژدا،
١٥ پیر و پیاوماقوڵ سەرە،
پێغەمبەر کە بە درۆ فێر دەکات کلکە.
١٦ ڕابەرانی ئەم گەلە بوون بە چەواشەکار،
ئەوانەی ڕابەرایەتی دەکرێن سەریان لێ
شێواوە.
١٧ لەبەر ئەوە پەروەردگار دڵخۆش نابێت بە
گەنجەکانیان،
بەزەیی نایەتەوە بە هەتیو و بێوەژنەکانیان،
چونکە هەموو خوانەناس و خراپەکارن،
هەموو دەمەکان بە گێلی دەدوێن.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی
دانەمرکایەوە،
هێشتا دەستی درێژکردووە.

١٨ بێگومان بەدکاری وەك ئاگر دەسووتێت،
دڕکوداڵ دەخوات،
گڕ لە دەوەنی دارستان بەردەدات،
ستوونی دووکەڵ لوول دەخوات.
١٩ بە جۆشی تووڕەیی یەزدانی سوپاسالار
خاکەکە دەسووتێت،
گەلیش دەبێت بە سووتەمەنی ئاگر،
پیاو دڵی بە برای خۆی ناسووتێ.
٢٠ لای ڕاست لێ دەکاتەوە و
هەر برسییە،
لای چەپ دەخوات و
تێر نابێت.
پیاو گۆشتی قۆڵی خۆی دەخوات:
٢١ مەنەشە ئەفرایم دەخوات و ئەفرایمیش مەنەشە،
هەردووکیان پێکەوە لە دژی یەهودا
هەڵدەگەڕێنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی
دانەمرکایەوە،
هێشتا دەستی درێژکردووە.

١٠ قوڕبەسەر فەرزدانەرانی فەرزی بەدکاری و
ئەو تۆمارکارانەی ستەم تۆمار دەکەن،
[٢] بۆ ئەوەی دەست بنێن بە ڕووی هەژارانەوە لە دادوەری و
مافی نەدارانی گەلەکەم بخۆن،
بۆ ئەوەی بێوەژنان ببن بە دەستکەوتیان و
هەتیوانیش تاڵان بکەن.
[٣] لە ڕۆژی سزا چی دەکەن،
کاتێك ماڵوێرانی لە دوورەوە دێت؟
بۆ لای کێ هەڵدێن بۆ یارمەتی و
گەنجینەتان لەکوێ بەجێدەهێڵن؟
[٤] بێجگە لە چۆکدادان لەژێر دیل و
کەوتن لەژێر کوژراوەکان.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا تووڕەییەکەی دانەمرکایەوە،
هێشتا دەستی درێژکردووە.

## حوکمی خودا بەسەر ئاشور

[٥] «قوڕبەسەر ئاشور، داردەستی تووڕەییم،
هەڵچوونم گۆچانە بە دەستیەوە.
[٦] بۆ سەر نەتەوەیەکی خوانەناس دەینێرم،
فەرمانی پێدەدەم بۆ سەر ئەو گەلەی تووڕەییم لێی دەجۆشێت،
تاکو دەستکەوتی دەست بکەوێت و تاڵان بکات،
هەتا بیکات بە پێشێلکراو وەك قوڕی کۆڵانان.
[٧] بەڵام ئەو وا بیر ناکاتەوە،
دڵی وا لێکیان ناداتەوە،
چونکە لە دڵیدایە وێران بکات،
گەلانێك ببڕێتەوە کە کەم نین.
[٨] چونکە دەڵێت: ”ئایا هەموو میرەکانم پاشا نین؟
[٩] ئایا کەلنۆ وەك کەرکەمیش نییە؟
یان حەمات وەك ئەرپاد؟
یان سامیرە وەك دیمەشق؟
[١٠] وەك چۆن دەستم بە شانشینی بتەکان گەیشت و
وێنەی بتەکانیان زۆرترن لەوانەی ئۆرشەلیم و لەوانەی سامیرە.
[١١] ئایا وەك ئەوەی بە سامیرە و بە بتەکانی ئەوم کرد،
وا بە ئۆرشەلیم و بە وێنەی بتەکانی ناکەم؟“»

[١٢] دوای ئەوەی پەروەردگار هەموو ئیش و کارەکەی لە کێوی سییۆن و لە ئۆرشەلیم تەواو دەکات، دەڵێت: «سزای بەروبوومی بەفیزی دڵی پاشای ئاشور و شانازی لووتبەرزییەکەی دەدەم،
[١٣] چونکە دەڵێت:

«”بە توانای دەستی خۆم کردم و
بە داناییەکەم، چونکە تێگەیشتووم،
سنووری گەلانم گواستەوە و
گەنجینەکانی ئەوانم تاڵان کرد،
وەك دلێرێك پاشاکانی ئەوانم ملکەچ کرد،
[١٤] دەستم گەیشتە سامانی گەلان،
وەك چۆن دەست دەگاتە هێلانە؛
وەك کۆکردنەوەی هێلکەی بەجێماو،
هەموو زەویم کۆکردەوە،
کەسیش نەبوو باڵی لێك بدات
یان دەمی بکاتەوە و ورتەیەکی لێ بێت.“»

[١٥] تەور شانازی دەکات بەسەر ئەو کەسەی پێی دەبڕێتەوە،
یان مشار خۆی بە زل دەزانێت بەسەر ئەو کەسەی دەیبات و دەیهێنێت؟
وەك ئەوەی داردەست هەڵگرەکەی ڕاوەشێنێت
وەك ئەوەی گۆچان ئەو کەسە بەرز بکاتەوە کە دار نییە.
[١٦] لەبەر ئەوە یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار
لەڕی دەنێرێتە ناو پاڵەوانە بەهێزەکان،
لەژێر شکۆمەندییەکەشی پشکۆیەك دادەگیرسێنێت
وەك داگیرسانی ئاگر.
[١٧] ڕووناکی ئیسرائیل[a] دەبێت بە ئاگر و
پیرۆزەکەشی بە گڕ،
دەیسووتێنێت و دەیخوات چقڵ و دڕکەکەی

[a] ١٧ نازناوە بۆ خودای ئیسرائیل.

لە یەک ڕۆژدا.
١٨ چڕی دارستان و باخەکانی بە تەواوی
لەناودەبات،
گیان و لەش پێکەوە
وەک توانەوەی نەخۆش دەبێت.
١٩ پاشماوەی داری دارستانەکانی ئەوەندە کەم
دەبن
منداڵێک دەتوانێت بیانژمێرێت.

## پاشماوەی ئیسرائیل

٢٠ لەو ڕۆژەدا، پاشماوەی ئیسرائیل و
دەربازبووەکانی بنەماڵەی یاقوب،
چیتر پشت نابەستن
بەوانەی لێیان دەدەن،
بەڵکو بەڕاستی بە یەزدان و
بە خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل پشت دەبەستن.
٢١ پاشماوە دەگەڕێتەوە، پاشماوەی یاقوب
بۆ لای خودای توانادار.
٢٢ چونکە ئەی ئیسرائیل، ئەگەر گەلت بەقەد لمی
دەریا بێت،
تەنها پاشماوەی لێ دەگەڕێتەوە.
بڕیاری قڕبوون دراوە،
لافاوی ڕاستودروستییە.
٢٣ یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار
بڕیاری وێرانکردنی هەموو خاکەکە جێبەجێ
دەکات.

٢٤ بەڵام یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«ئەی گەلی من کە لە سییۆن دانیشتووی،
لە ئاشور مەترسە
کە بە داردەست لێت دەدات و
گۆچانەکەی لێت بەرز دەکاتەوە لەسەر
شێوازی میسرییەکان.
٢٥ چونکە بەم زووانە هەڵچوونم لەسەر ئێوە
نامێنێت و
تووڕەییم بۆ لەناوچوونی ئەوان دەبێت.»
٢٦ یەزدانی سوپاسالار بە قامچی لێی دەدات
وەک لێدانەکەی میدیان لەلای تاشەبەردی
عۆرێڤ و
گۆچانەکەی بەسەر دەریاوەیە
لەسەر شێوازی میسرییەکان بەرزی دەکاتەوە.
٢٧ جا لەو ڕۆژەدا،
باری لەسەر شانت لادەچێت و
نیری[a] لەسەر ملت،
لەبەر قەڵەوبوونت نیر دەتەقێت.
٢٨ گەیشتە[b] عەییات،
لە میگرۆن پەڕییەوە،
لە میخماس کەلوپەلەکانی خۆی دانا.
٢٩ ئەوان لە دەربەندەکە دەپەڕنەوە و دەڵێن:
«گەڤەع شوێنی شەو مانەوەیە.»
ڕامە داچڵەکی،
گیڤعای شاول هەڵات.
٣٠ ئەی دانیشتووانی شاری گەلیم، بە دەنگی خۆت
بحیلێنە!
ئەی لەیشا، گوێ بگرە!
داماوە عەناتۆت.
٣١ مەدمێنا ڕایکردووە،
خەڵکی گێڤیم پەناگیر بوون.
٣٢ ئەمڕۆ لە نۆڤ دەوەستن،
بە ڕاوەشاندنی دەست هەڕەشە دەکەن
لە کێوەکەی شاری سییۆن،
لە گردەکەی ئۆرشەلیم.
٣٣ ئەوەتا یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار
بە هێزێکی تۆقێنەر لق دەبڕێتەوە.
باڵا بەرزەکان دەبڕدرێنەوە،
لووتبەرزەکان نزم دەکرێن.
٣٤ چڕی دارستانەکان بە تەور دەبڕێتەوە،

[a] ٢٧ مەبەستی لە بارگرانییە.
[b] ٢٨ مەبەستی لە هاتنی سوپای ئاشورە بۆ شارۆچکەکانی باکووری یەهودا.

لوبنانیش بەرامبەر بە خودای توانادار
دەکەوێت.

## لقەکە لە بنەماڵەی یەسا

١١ چڵێك لە بنەداری یەسا دەردەچێت،
لقێکی نوێ لە ڕەگەکەیەوە دەڕوێت.
٢ ڕۆحی یەزدان لەسەری دەنیشێتەوە،
ڕۆحی دانایی و تێگەیشتن،
ڕۆحی ڕاوێژ و ئازایەتی،
ڕۆحی زانین و لەخواترسی،
٣ بە لەخواترسی شادمان دەبێت.

بەگوێرەی بینینی چاوی خۆی دادوەری ناکات،
بەگوێرەی بیستنی گوێی خۆی بڕیار نادات،
٤ بەڵکو بە ڕاستودروستی دادوەری بۆ هەژاران
دەکات و
بە ڕاستی بڕیار بۆ نەدارانی جیهان دەدات.
بە داردەستی دەمی لە زەوی دەدات،
بە بای لێوەکانی بەدکاران دەکوژێت.
٥ ڕاستودروستی دەبێتە پشتێن و
دڵسۆزیش دەبێتە کەمەربەند بە ناوقەدیەوە.

٦ گورگ لەگەڵ بەرخ نیشتەجێ دەبێت،
پڵنگ لەگەڵ کارەبزن پاڵ دەداتەوە،
گوێرەکە و بەچکە شێر و دابەستە پێکەوەن و
منداڵێکی بچووك بەڕێوەیان دەبات.
٧ مانگا و ورچ پێکەوە دەلەوەڕێن،
بێچووەکانیان پێکەوە پاڵ دەدەنەوە،
شێر وەکو گا کا دەخوات.
٨ کۆرپەی شیرەخۆرە لەسەر کونی ماری کۆبرا یاری
دەکات،
لەشیربڕاوە دەست دەباتە ناو کونی مارەوە.
٩ خراپە و گەندەڵی ناکەن لە هەموو کێوی پیرۆزم،
چونکە زەوی پڕ دەبێت لە ناسینی یەزدان
هەروەك ئاو دەریا دادەپۆشێت.

١٠ لەو ڕۆژەدا ڕەگەکەی یەسا کە چەقاوە وەك
ئاڵای گەلان، نەتەوەکان داوای ئەو دەکەن و
شوێنی حەوانەوەی شکۆدار دەبێت. ١١ لەو ڕۆژەدا
پەروەردگار دووبارە دەستی درێژ دەکاتەوە بۆ
کڕینەوەی پاشماوەی گەلەکەی خۆی، ئەوەی
ماوەتەوە لە ئاشور، لە پاشایەتی باکووری میسر و
پاشایەتی باشووری میسر، لە کوش[a]، ئیلام، بابل،
حەمات و لە دوورگەکانی دەریا.

١٢ ئاڵایەك بۆ نەتەوەکان بەرز دەکاتەوە و
دوورخراوەکانی ئیسرائیل کۆدەکاتەوە،
پەرتەوازەکانی یەهودا خڕدەکاتەوە
لە هەر چوار لای زەوییەوە.
١٣ بەغیلی ئەفرایم نامێنێت و
هەراسانی یەهوداش دەبڕدرێتەوە،
ئەفرایم بەغیلی بە یەهودا نابات و
یەهوداش ئەفرایم هەراسان ناکات.
١٤ پێکەوە ڕووەو دەریا بەلای زوورگەکان پەلاماری
فەلەستییەکان دەدەن و
خەڵکی ڕۆژهەڵات تاڵان دەکەن.
ئەدۆم و مۆئاب ژێردەستەیان دەبن،
عەمۆنییەکانیش گوێڕایەڵیان دەبن.
١٥ یەزدان کەنداوی دەریای میسر
تێکوپێك دەدات،
بە بایە سووتێنەرەکەی
دەستی ڕادەوەشێنێت بەسەر فوراتدا،
لێی دەدات و دەیکاتە حەوت جۆگە
بە پێڵاوەوە بەناویدا دەڕۆن.
١٦ دەبێت بە ڕێگا بۆ پاشماوەی گەلەکەی
ئەوانەی لە ئاشور دەمێننەوە
وەك ئەوەی بۆ ئیسرائیل بوو
لەو ڕۆژەی لە خاکی میسرەوە هاتنە دەرەوە.

## گۆرانی ستایش

١٢ لەو ڕۆژەدا دەڵێیت:
«ئەی یەزدان، ستایشت دەکەم،
هەرچەندە لێم تووڕە بوویت،

[a] ١١ واتە ئەو ناوچەیە کە نزیکی سەرچاوەی ڕووباری نیل.

بەڵام تووڕەییەکەت لە من دامرکایەوە و دڵت
دامەوە.
٢ ئەوەتا خودای ڕزگاریی من،
دڵنیا دەبم و ناترسم،
چونکە یەزدانی پەروەردگار هێز و سروودی منە
و
ئەو بوو بە ڕزگاریم.»
٣ بە شادییەوە ئاو دەکێشنەوە
لە کانییەکانی ڕزگاری.

٤ لەو ڕۆژەدا دەڵێن:

«ستایشی یەزدان بکەن، ناوی ڕابگەیەنن،
وا بکەن کردارەکانی لەنێو گەلاندا زانراو بێت،
باسی ئەوە بکەن کە ناوی بەرز بووەتەوە.
٥ گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن،
چونکە کاری شکۆمەندانەی کردووە،
با ئەمە لە هەموو جیهاندا زانراو بێت.
٦ ئەی نیشتەجێی سییۆن دەنگ بەرز بکەرەوە و
هاوار بکە!
چونکە خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل لەنێوتاندا
مەزنە.»

## سروشێک سەبارەت بە بابل

١٣ سروشێک[a] سەبارەت بە بابل ئەوەی
ئیشایای کوڕی ئامۆچ بینی:

٢ لەسەر کێوێکی ڕووت ئاڵایەک هەڵبکەن،
دەنگیان لێ بەرز بکەنەوە،
دەست ڕابشەکێنن با بێنە ژوورەوە
بۆ ناو دەرگای میران.
٣ من فەرمانم بە تەرخانکراوەکانم کرد،
هەروەها بانگی پاڵەوانەکانی خۆمم کرد لەبەر
تووڕەییم،
ئەو پاڵەوانانەی دڵخۆشن بە سەرکەوتنم.
٤ گوێ بگرن، دەنگی هەراوهۆریا لە چیاکان دێت،
وەک دەنگی خەڵکی ئێجگار زۆر!
گوێ بگرن، دەنگی هاتوهەرای شانشینەکان
دێت،
وەک دەنگی نەتەوەکان کۆبوونەتەوە!
یەزدانی سوپاسالار
سوپایان لێ پێکدەهێنێت بۆ جەنگ!
٥ لە خاکێکی دوورەوە دێن،
لەوپەڕی ئاسمانەوە دێن،
یەزدان و چەکەکانی تووڕەیی،
بۆ تێکوپێکدانی سەراپای زەوی.

٦ واوەیلا بکەن، چونکە ڕۆژی یەزدان[b] نزیک
بووەتەوە،
وەک وێرانبوون لەلایەن خودای هەرە بە
تواناوە دێت.
٧ لەبەر ئەوە هەموو دەستەکان شل دەبن،
هەموو دڵێکی مرۆڤ دەتوێتەوە.
٨ ڕادەچڵەکێن،
ئازار و ژان دەیانگرێت،
وەک منداڵبوو دەتلێنەوە.
پیاو واقی وڕدەمێنێت لە هاوڕێکەی،
ڕوویان وەک ڕووی گڕی ئاگرە.

٩ ئەوەتا ڕۆژی یەزدان دێت،
سەختە، توندوتیژ و تووڕەیی بە جۆشە،
بۆ ئەوەی زەوی وێران بکات و
گوناهبارانی لێ ببڕێتەوە.
١٠ چونکە ئەستێرەکانی ئاسمان و کەلووەکانی
ڕووناکییان دەرناخەن،
خۆر لە کاتی هەڵاتنی تاریک دادێت،
مانگیش ڕووناکییەکەی نادرەوشێتەوە.
١١ سزای جیهان دەدەم لەسەر خراپەکەی،
بەدکارانیش لەسەر تاوانەکانیان،
کۆتایی دەهێنم بە فیزی لووتبەرزان و
سەری بێ ویژدانەکان شۆڕ دەکەم.

[a] ١ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

[b] ٦ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگارکردنی گەلی خودا.

١٢ مرۆڤ لە زێڕی بێگەرد دەگمەنتر دەکەم و
ئادەمیزادیش لە زێڕی ئۆفیر.
١٣ لەبەر ئەوە ئاسمان دەهەژێنم و
زەویش لە شوێنی خۆی دەلەرزێت،
لەبەر تووڕەیی یەزدانی سوپاسالار و
لە ڕۆژی هەڵچوونی تووڕەییەکەی.

١٤ وەك مامزی ڕاونراو دەبێت و
وەك ڕانە مەڕ کەس نەبێت کۆی بکاتەوە،
هەرکەسە ڕوو لە گەلەکەی خۆی دەکات و
هەرکەسە بەرەو خاکەکەی خۆی هەڵدێت.
١٥ ئەوەی بدۆزرێتەوە دەدرێتە بەر خەنجەر و
ئەوەی بگیرێت بە شمشێر دەکوژرێت.
١٦ منداڵەکانیان لەبەرچاویان پارچەپارچە دەکرێن و
ماڵیان تاڵان دەکرێت و ژنەکانیان زەوت
دەکرێن.

١٧ ئەوەتا من مادەکان لە دژیان هەڵدەستێنم،
ئەوانەی گوێ بە زیو نادەن و
کەیفیان بە زێڕ نایەت.
١٨ کەوانەکانیان لاوان تێکدەشکێنن،
بەزەییان بە کۆرپەکاندا نایەتەوە،
دڵیان بە منداڵان ناسووتێت.
١٩ بابلی شکۆمەندی شانشینەکان و
جوانی شانازی کلدانییەکان
وەك سەدۆم و عەمۆرا دەبێت،
کە لەلایەن خوداوە سەرەوژێر کرابێت.
٢٠ هەتاهەتایە ئاوەدان ناکرێتەوە و
نەوە دوای نەوە کەس تێیدا نیشتەجێ نابێت،
عەرەب لەوێ دەوار هەڵنادات،
شوانەکان لەوێ مێگەل مۆڵ نادەن.
٢١ بەڵام لەوێ دڕندە بیابانییەکان ڕادەکشێن،
چەقەڵ خانووەکانی پڕ دەکەن؛
کوندەپەپوو لەوێ نیشتەجێ دەبێت،
تەگە لەوێ سەما دەکەن.
٢٢ کەمتیار لەناو قەڵاکانی بابل دەلوورێنێت،
چەقەڵیش لەناو کۆشکەکانی.
کاتەکەی نزیکە بۆ هاتن،
ڕۆژگاری درێژە ناکێشێت.

## ١٤

چونکە یەزدان بەزەیی بە یاقوبدا دێتەوە و
دیسان ئیسرائیل هەڵدەبژێرێتەوە،
لە خاکەکەی خۆیان دەیانحەسێنێتەوە،
نامۆکان خۆیانی پێوە دەلکێنن و
دێنە پاڵ بنەماڵەی یاقوب.
٢ گەلان دەیانگرن و
دەیانبەن بۆ شوێنی خۆیان،
بەڵام بنەماڵەی ئیسرائیل دەستیان بەسەردا
دەگرن و
دەیانکەن بە کۆیلە و کەنیزە لە خاکی یەزدان،
دەبنە ڕاپێچکەری ڕاپێچکەرانیان و
دەسەڵاتدار دەبن بەسەر ستەمکارانیاندا.

٣ ئەو ڕۆژەی یەزدان لە ناخۆشی و هەراسانی و
ئەو کۆیلایەتییە سەختەی چێژتت دەتحەسێنێتەوە،
٤ ئەم پەندە بەسەر پاشای بابلدا هەڵدەدەیت و
دەڵێیت:

زۆردار چۆن کۆتایی پێ هات!
خۆبەزلزانەکە چۆن کۆتایی هات!
٥ یەزدان گۆچانی بەدکارانی شکاند،
داردەستی فەرمانڕەواکان،
٦ ئەوانەی بە قینەوە لە گەلەکانیان دەدا،
لێدانێکی بێ بڕانەوە،
بە تووڕەییەوە دەسەڵاتیان لەسەر نەتەوەکان
پەیڕەو دەکرد،
بێ بەزەیی دەیانچەوساندنەوە.
٧ هەموو زەوی حەسایەوە و دڵنیابوو
بە هوتاف لێدان دەنگیان هەڵبڕی.
٨ هەروەها دار سنەوبەر و ئورزی لوبنانیش
شادن بەوەی بەسەرت هاتووە و دەڵێن:
«لەو کاتەوەی تۆ ڕاکشایت
داربڕ نەهاتووەتە سەرمان.»

٩ جیهانی مردووان لە ژێرەوە دەوروژێنێت

بۆ پێشوازی لە هاتنت،
ڕۆحی مردووەکان بۆ تۆ هەڵدەستێنێت،
هەموو سەرکردەکانی جیهان،
لەسەر تەختەکانیان هەڵیاندەستێنێت،
هەموو پاشایانی نەتەوەکان.
١٠ هەموو وەڵام دەدەنەوە و پێت دەڵێن:
«هەروەها تۆش وەك ئێمە لاواز بوویت،
وەك ئێمەت لێ هات.»
١١ مەزنیت شۆڕکرایەوە ناو جیهانی مردووان
بەدەم ئاوازی سازەکانت،
لە ژێرت مۆرانە ڕادەخرێت و
کرمیش دەبێتە لێفەت.

١٢ چۆن لە ئاسمانەوە بەربوویتەوە،
ئەی ئەستێرەی پرشنگدار،[a] کوڕی بەرەبەیان!
بەرەو زەوی بڕایتەوە،
ئەی بەزێنەری نەتەوەکان!
١٣ تۆ کە لە دڵی خۆتدا گوتت:
«سەردەکەوم بۆ ئاسمان،
لە سەرووی ئەستێرەکانی خوداوە
تەختی خۆم بەرز دەکەمەوە،
لەسەر کێوی ژووان دادەنیشم،
لەسەر لووتکەی چافۆن.
١٤ سەردەکەومە سەر بەرزاییەکانی هەور،
خۆم وەك خودای هەرەبەرز لێدەکەم.»
١٥ بەڵام بەرەو جیهانی مردووان شۆڕ بوویتەوە،
بەرەو قووڵایی بیری بێ بن.

١٦ ئەوانەی دەتبینن تەماشات دەکەن،
لێت ورد دەبنەوە:
«ئایا ئەمە ئەو پیاوەیە کە زەوی لەرزاند،
شانشینەکانی هەژاند،
١٧ ئەوەی جیهانی کردە چۆڵەوانی،
شارەکانی جیهانی تەفروتونا کرد،
ئەوەی دیلەکانی بەرەو ماڵی خۆیان بەڕەڵا
نەکرد؟»
١٨ هەموو پاشایانی نەتەوەکان بە ڕێزەوە ڕاکشان،
هەریەکە و لە ئارامگای خۆی.
١٩ بەڵام تۆ لە گۆڕەکەتەوە تووڕ هەڵدەدرێیت
وەك چڵەدارێکی ڕەتکراوە.
دادەپۆشرێیت بە تەرمی کوژراوان
کە بە شمشێر لێیان دراوە،
شۆڕبووەوەکان بەرەو بەردەکانی بیری بێ بن.
وەك لاشەی پێشێلکراو،
٢٠ لە ناشتن لەگەڵیاندا یەك ناگریت،
چونکە خاکەکەی خۆتت کاول کرد،
گەلەکەی خۆتت کوشت.

توخمی خراپەکاران
هەتاهەتایە ناویان نایەت.
٢١ سەربڕین بۆ کوڕەکانیان ئامادە بکەن
لەسەر تاوانی باوکانیان،
با هەڵنەستن بۆ ئەوەی زەوی داگیر بکەن و
ڕووی جیهان بە شار پڕ بکەنەوە.

٢٢ «هەڵدەستمە سەریان،»
یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت.
«لە بابل ناو و پاشماوە و
نەوە و وەچە ڕیشەکێش دەکەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢٣ «دەیکەم بە میراتی کوندەپەپوو و
گۆمی ئاو،
بە گسکی نەمان گسکی دەدەم،»
یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت.

## پلان لە دژی ئاشور

٢٤ یەزدانی سوپاسالار سوێندی خوارد و فەرمووی:
«بێگومان هەروەك ئەوەی دامڕشتووە ئاوا
دەبێت،
وەك ئەوەی پلانم بۆ داناوە دێتە دی.
٢٥ ئاشور لە خاکەکەی خۆم دەشکێنم،

[a] ١٢ دەربڕینێکە نووسەر بە گاڵتەجاڕییەوە بە پاشای بابلی دەڵێت.

لەسەر چیاکانم پێشێلی دەکەم،
جا نیرەکەی لەسەریان لادەچێت و
بارگرانییەکەی لە کۆڵیان دەبێتەوە.»

٢٦ ئەمە ئەو پلانەیە کە بۆ هەموو جیهان دارێژراوە
و
ئەمە ئەو دەستەیە کە بۆ سەر هەموو
نەتەوەکان درێژکراوە.
٢٧ چونکە یەزدانی سوپاسالار پلانی داناوە، کێ
پووچی دەکاتەوە؟
دەستی ئەوە درێژکراوە، کێ دەیگێڕێتەوە؟

## سروشێك سەبارەت بە فەلەستییەکان

٢٨ لە ساڵی مردنی ئاحازی پاشادا ئەم سروشە هات:
٢٩ ئەی هەموو فەلەستییەکان شاد مەبن،
کە گۆچانی لێدەرەکەت شکا،
چونکە توولە مار لە ڕەگی مارەوە دەردەچێت و
بەرەکەی مارێکی سووتێنەری باڵدارە.
٣٠ هەژارترینی هەژاران بەخێو دەکرێن و
نەداران بە ئاسوودەیی پاڵ دەدەنەوە،
ڕەگی تۆش بە قاتوقڕی دەکوژم و
پاشماوەکەشت دەکوژرێت.

٣١ ئەی دەروازە واوەیلا بکە! ئەی شار هاوار بکە!
ئەی فەلەستی سەراپات توایەوە!
چونکە دووکەڵ لە باکوورەوە دێت و
نارێکی لە ڕیزەکانی نابینرێت.
٣٢ چی وەڵامی نێردراوی نەتەوەکان دەدرێتەوە؟
«کە یەزدان سییۆنی دامەزراند،
لە ئەودا گەلە چەوسێنراوەکەی پەناگیر دەبن.»

## سروشێك سەبارەت بە مۆئاب

١٥ سروشێك سەبارەت بە مۆئاب:

عار لە مۆئاب وێران بوو،
لە یەك شەودا کاول بوو!
قییر لە مۆئاب وێران بوو،
لە یەك شەودا کاول بوو!
٢ دیڤۆنیش بۆ پەرستگاکەی[a] سەرکەوت،
بۆ نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان بۆ گریان،
مۆئاب بەسەر نەبۆ و مێدەبادا شیوەن دەکات.
هەموو سەرێك ڕووتاوەتەوە و
هەموو ڕیشێك تاشراون.
٣ لە شەقامەکانی جلوبەرگی گوش[b] دەپۆشن،
لە سەربانەکانی و لە گۆڕەپانەکانی
هەموو شیوەن دەکەن
بەخوڕ دەگریێن.
٤ حەشبۆن و ئەلعالێ هاواریانە،
دەنگیان لە یەهەچ دەبیسترێت.
لەبەر ئەوە چەکدارەکانی مۆئاب هاوار دەکەن
گیانیان دەلەرزێت.

٥ دڵم بۆ مۆئاب دەناڵێنێت،
هەڵاتووەکانی بەرەو زۆعەر ڕادەکەن،
هەتا عەگلەت شەلیشیا.
بە گریانەوە
لە هەورازەکەی لوحیت سەردەکەون،
لە ڕێگای حۆرۆنایم
هاواری شکست بەرز دەکەنەوە.
٦ ئاوەکانی نیمریم وشك بوون،
گیایەکەش سیس بوو،
لەوەڕگا نەما و
سەوزایی نەما.
٧ لەبەر ئەوە ئەو سامانەی بەدەستیان هێنا و شتە
ئەمبارکراوەکانیان
هەتا شیوی ئەسپیندار هەڵدەگرن.
٨ هاوار سنووری مۆئابی گرتەوە،
واوەیلای دەگاتە ئەگلەیم،
واوەیلای لە بیری ئێلیمە.
٩ ئاوەکانی دیمۆن پڕن لە خوێن،
بەڵام زیاتر بەسەر دیمۆندا دەهێنم،

---

[a] ٢ مەبەست لە پەرستگای بتپەرستانە، نەك پەرستگاکەی یەزدان.

[b] ٣ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

شێر بۆ سەر دەربازبووەکانی مۆئاب و
بۆ پاشماوەی خاکەکە دەهێنم.

# ١٦

بەرخ وەك سەرانە بنێرن
بۆ فەرمانڕەوای خاکەکە،
لە سەلەعەوە بە چۆڵەوانیدا
بەرەو چیاکەی شاری سییۆن.
٢ وەك باڵندەی هەڵاتوون
وەك لە هێلانە دەرپەڕێنراویان لێدێت،
کچانی مۆئاب
لە تەنکاییەکانی ڕووباری ئەرنۆن.

٣ «ڕاوێژ بکە،
دادوەری ئەنجام بدە،
لە قرچەی نیوەڕۆدا
سێبەرت وەك شەوی لێ بکە.
دەرکراوەکان بشارەوە،
هەڵاتووەکان ئاشکرا مەکە.
٤ با ئاوارەکانی مۆئاب لەلات بمێننەوە،
لە ڕووی کاولکەر بۆیان ببە پەناگا.»

کاتێك چەوسێنەر کۆتایی پێ دێت،
کاولبوون نامێنێت،
پێشێلکاران لە خاکەکەدا لەناودەچن.
٥ بە خۆشەویستی نەگۆڕ تەخت جێگیر دەبێت،
یەکێك لە بنەماڵەی داود
دادپەروەر و داواکاری دادپەروەری،
دەستپێشخەر بۆ ڕاستودروستی
بە دڵسۆزییەوە لەسەری دادەنیشێت.

٦ لووتبەرزی مۆئابمان بیست،
لووتبەرزییەکی زۆر،
خۆبەزلزانی و لووتبەرزی و بەفیزی،
بەڵام قسە پووچەکانی ناچەسپێن.
٧ لەبەر ئەوە با خەڵکی مۆئاب واوەیلا بکەن،
سەراپا بۆ مۆئاب واوەیلا بکەن.
ئەی مۆئابییە بەزێنراوەکان،
بۆ نانی کشمیشی[a] قیر حەراسەت شیوەن
بگێڕن.
٨ چونکە کێڵگەکانی حەشبۆن سیس بوون،
هەروەها ڕەزەکەی سیڤما.
گەورەکانی نەتەوەکان
شا مێوەکانییان شکاند،
کە گەیشتبووە یەعزێر و
پەلی هاویشت هەتا چۆڵەوانی.
لقەکانی درێژ ببوونەوە و
لە دەریا پەڕیبوونەوە.
٩ لەبەر ئەوە گریانی یەعزێر دەگرییێم
بۆ ڕەزەکەی سیڤما،
بە فرمێسکەکانم ئاوتان دەدەم
ئەی حەشبۆن و ئەلعالێ!
چونکە لە کاتی میوە گەییوەکانت و دروێنەکانت
هەراوزەنای جەنگ هات.
١٠ خۆشی و شادی لە باخ بڕایەوە،
لەناو ڕەزان گۆرانی ناگوترێت و هاوار ناکرێت،
شەراب لەناو گوشەر ناگوشرێت،
هوتاف کپ بوو.
١١ لەبەر ئەوە هەناوم وەك قیسارە بۆ مۆئاب
دەناڵێنێت،
ناخیشم بۆ قیر حەراسەت.
١٢ جا کە مۆئاب لە نزرگەی سەر بەرزاییەکە
دەردەکەوێت،
ماندوو دەبێت.
کە دەچێتە ناو نزرگەکەوە نوێژ بکات،
قبوڵ نابێت.

١٣ ئەمە ئەو فەرمایشتەیە کە یەزدان پێشتر بە
مۆئابی فەرموو. ١٤ ئێستاش یەزدان دەدوێت و
دەفەرموێت: «لە ماوەی سێساڵدا وەك ساڵەکانی
کرێگرتە، سەنگینی مۆئاب سووك دەبێت، بەو

[a] ٧ نانی کشمیش بۆ بەعل پێشکەش دەکرا وەك سوپاسگوزاری بۆ دروێنە و خەرمان.

هەموو خەڵکە زۆرەوە، پاشماوەکەی زۆر کەم و
لاواز دەبێت.»

## سروشێک سەبارەت بە دیمەشق

١٧ سروشێک سەبارەت بە دیمەشق:

«بڕوانە، دیمەشق لەنێو شاران
دەسڕێتەوە و
دەبێتە تەپەیەکی ڕووخاو.
٢ شارەکانی عەرۆعێر بەجێماون و
بۆ مێگەلەکان دەبن،
تێدا ڕادەکشێن،
کەس نییە بیانترسێنێت.
٣ قەڵا لە ئەفرایم نامێنێت و
پاشایەتیش لە دیمەشق.
پاشماوەی ئارام وەک
شکۆمەندی نەوەی ئیسرائیلی لێ دێت،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

٤ «لەو ڕۆژەدا شکۆمەندی یاقوب نزم دەبێتەوە،
قەڵەوی گۆشتەکەی لاواز دەبێت.
٥ وەک کۆکردنەوەی دەغڵی بەپێوە ڕاوەستاو
دەبێت لەلایەن دروێنەکەرانەوە،
بازووشی گوڵەگەنم دەدروێتەوە.
وەک هەڵگرتنەوەی گوڵەگەنم دەبێت
لە دۆڵی ڕفایم.
٦ وەک تەکاندنی دار زەیتوون
کە پاشماوەی تێدا دەمێنێتەوە،
دوو یان سێ دەنک لەسەر چڵەکان،
چوار یان پێنج لە لقە بەردارەکان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، خودای ئیسرائیل.

٧ لەو ڕۆژەدا مرۆڤ ئاوڕ لە دروستکەرەکەی
دەداتەوە و
چاوەکانیش بەرەو خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیلە.
٨ ئاوڕ لە قوربانگاکان ناداتەوە
کە دروستکراوی دەستی خۆین،
ئەوەی پەنجەکانی دروستی کردوون سەیریان
ناکات،
ستوونە ئەشێراکان[a] و قوربانگاکانی بخوور.

٩ لەو ڕۆژەدا شارە قەڵابەندەکانی وەک کەلاوەی
چۆڵکراوی ناو دارستانەکان و چڵەدارەکانی لێدێت
کە لە ڕووی نەوەی ئیسرائیل چۆڵیان کردن، جا وێران
دەبێت.

١٠ خودای ڕزگارکەری خۆتت لەبیر چوو،
تاشەبەردەکەت، قەڵاکەت بەبیر نەهاتەوە.
لەبەر ئەوە ڕووەکی چاک دەچێنن
بەڵام نەمامی نامۆ سەرهەڵدەدات.
١١ ئەو ڕۆژەی دەیچێنیت، وای لێ دەکەیت نەمام
بکات
بۆ بەیانی وای لێ دەکەیت گوڵ بکات،
بەڵام دروێنە لە ڕۆژی نەخۆشی و ئازاری
بێ چارەسەردا لەدەست دەچێت.

١٢ ئای لە هاژەهاژی خەڵکانێکی زۆر،
وەک هاژەی دەریا کە دەهەژێت!
خوڕەی نەتەوەکان
وەک خوڕەی ئاوی زۆر کە خوڕەی دێت!
١٣ نەتەوەکان کە خوڕەیان دێت وەک خوڕەی ئاوی
زۆر،
بەڵام تێیان ڕادەخوڕێت و بۆ دوور هەڵدێن،
وەک پووشی چیاکان لەبەردەم با ڕاو دەنرێت و
وەک تەپوتۆز لەبەردەم ڕەشەبا.
١٤ دەمەو ئێوارە تۆقینێکی لەناکاوە!
بەرەبەیانێکی زوو نامێنن!
ئەمە بەشی تاڵانکارانمانە،
بەختی ڕاوڕووتکارانمانە.

## قوڕبەسەری کوش

١٨ قوڕبەسەر خاکی فڕەفڕی باڵەکان،
ئەوەی لەوبەری ڕووبارەکانی کوشە،
٢ پەیامبەران بە ڕێی دەریادا دەنێرێت،

[a] ٨ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ١١:٥

به بەلەمی قامیش لەسەر ڕووی ئاوەکان.

بڕۆن ئەی نێردراوە خێراکان،
بۆ لای نەتەوەیەکی باڵا بەرز و کۆسە،
بۆ لای گەلێك خەڵکی دوور و نزیك لێیان
دەترسن،
نەتەوەیەکی بێگانە و پێشێلکار،
ئەوەی ڕووبارەکان دڕیانداوە بە خاکەکەی.

٣ ئەی هەموو دانیشتووانی جیهان و
نیشتەجێبووانی زەوی،
کە ئاڵا لەسەر چیاکان بەرزکرایەوە،
ببینن و
کە کەڕەنا لێدرا،
گوێ بگرن.
٤ چونکە یەزدان ئەمەم پێ دەفەرموێت:
«هێمن دەبم و لە نشینگەی خۆمەوە تەماشا
دەکەم
وەك گەرمایەکی ڕوون لە بەر هەتاودا،
وەك هەوری خوناو لە گەرمای دروێنەدا.»
٥ چونکە پێش ترێ ڕنین لە کاتی تەواو چرۆکردن و
کاتێك گوڵەکان دەبن بە پەسیرەی گەییو،
چڵەکان بە داس دەبڕێتەوە و
لقەکان لێ دەکاتەوە و فڕێیان دەدات.
٦ پێکەوە بەجێدەهێڵدرێن بۆ بازەکانی چیا و
بۆ گیانلەبەرە کێوییەکانی زەوی،
بازەکان هاوینیان پێ بەسەردەبەن و
هەموو گیانلەبەرە کێوییەکانی زەویش زستانیان
پێ بەسەردەبەن.

٧ لەو ڕۆژەدا دیاری پێشکەش بە یەزدانی
سوپاسالار دەکرێت،

لە گەلێکی باڵا بەرز و کۆسە،
گەلێکی ترسناك، دوور و نزیك،
نەتەوەیەکی بێگانە و پێشێلکار،
ئەوەی ڕووبارەکان دڕیانداوە بە زەوییەکەی،

بۆ شوێنی ناوی یەزدانی سوپاسالار لە کێوی سییۆن.

## سروشێك سەبارەت بە میسر

١٩ سروشێك سەبارەت بە میسر:
ئەوەتا یەزدان بەسەر هەورێکی
خێراوە
بەرەو میسر دێت.
بتەکانی میسر لە ڕووی ئەودا دەلەرزن،
دڵی میسریش لە ناخیدا دەتوێتەوە.

٢ «میسرییەکان لە دژی میسرییەکان هاندەدەم،
هەرکەسە لە دژی برای خۆی شەڕ دەکات،
هەرکەسە لە دژی هاوڕێی خۆی،
شار لە دژی شار و
شانشین لە دژی شانشین.
٣ میسر ڕۆحی تێدا نامێنێت،
ڕاوێژەکەی هەڵدەلووشم،
داوا لە بتەکان و لە نوشتەکەران دەکەن،
لە نێوانگرەکان و لە ڕۆح ئامادەکاران.
٤ میسرییەکان ڕادەستی گەورەیەکی دڵڕەق دەکەم
و
پاشایەکی توندوتیژ فەرمانڕەوایەتییان دەکات،»
یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار دەفەرموێت.

٥ ئاوی نیل وشك دەبێت،
ڕووبارەکەش کاول دەبێت و وشك دەبێت.
٦ نۆکەندەکان بۆن دەکەن،
لقەکانی نیل کز دەبن و کاول دەبن.
قامیش و زەل بۆگەن دەبن،
٧ سەوزایی لەسەر نیل،
لە ڕێژگەی[a] ڕووبارەکە.
هەموو ئەوەی لەسەر نیل چانراوە
وشك دەبێت، هەڵدەوەرێت و نامێنێت.
٨ ماسیگرەکان ئاخ هەڵدەکێشن و شین دەگێڕن،
هەموو ئەوانەی قولاپ هەڵدەدەنە[b] ناو
نیلەوە،

[a] ٧ ئەو شوێنەی ڕووبار دەڕژێتە ناو دەریا.
[b] ٨ دەهاوێژنە.

ئەوانەی تۆڕ لەسەر ڕووی ئاوەکان بڵاو
دەکەنەوە
وەرەیان نامێنێت.
٩ کارگەران لە کەتانی ئامادەکراو بێ ئومێد دەبن،
جۆڵاکانیش ڕوو زەرد دەبن.
١٠ جۆڵاکانی میسر وردوخاش دەبن و
هەموو کرێکارەکانی خەمبار دەبن.

١١ بێگومان میرەکانی چۆعەن گێلن:
دانا ڕاوێژکارەکانی فیرعەون ڕاوێژەکانیان
ئاژەڵانەیە.
چۆن بە فیرعەون دەڵێن:
«کوڕی دانایانم من،
کوڕی[a] پاشا دێرینەکان»؟
١٢ کەواتە کوا داناکانت؟
با پێت بڵێن و با بزانن،
یەزدانی سوپاسالار
پلانی چی داناوە لە دژی میسر.
١٣ میرانی چۆعەن گێل بوون،
میرانی مەمفیس چەواشە کران،
پیاوماقوڵانی هۆزەکانی
میسریان گومڕا کرد.
١٤ یەزدان ڕۆحی گێژبوونی تێدا تێکەڵ کردووە،
میسریان گومڕا کرد لە هەموو کردارەکانی
وەك گومڕاکردنی سەرخۆش لەناو ڕشانەوەکەی.
١٥ هیچ کارێك نابێت لە میسر
کە سەر یان کلك، دار خورما یان زەل، بیکات.

١٦ لەو ڕۆژەدا میسرییەکان وەك ژنیان لێدێت، لە
ترسان دەلەرزن، کاتێك یەزدانی سوپاسالار دەستی
لێیان بەرز دەکاتەوە. ١٧ میسرییەکان لە خاکی یەهودا
دەتۆقن، هەموو ئەوەی بەبیری بێتەوە لە یەهودا
دەترسێت، لەبەر ئەو پلانەی یەزدانی سوپاسالار لە
دژی دایدەڕێژێت.

١٨ لەو ڕۆژەدا پێنج شار دەبێت لە خاکی میسردا
کە بە زمانی کەنعانی بدوێن و بە یەزدانی سوپاسالار
سوێند دەخۆن، یەکێکیان پێی دەگوترێت «شاری
خۆر»[b].

١٩ لەو ڕۆژەدا، لە ناوەڕاست خاکی میسردا
قوربانگایەك بۆ یەزدان دەبێت و ستوونێکیش لەسەر
سنوورەکەی بۆ یەزدان. ٢٠ جا دەبێتە نیشانە و شایەتی
بۆ یەزدانی سوپاسالار لە خاکی میسردا، چونکە
هاوار بۆ یەزدان دەکەن لە ڕووی زۆردار، ئەویش
ڕزگارکەر و پارێزەریان بۆ دەنێرێت و دەربازیان
دەکات. ٢١ ئینجا یەزدان لە میسر ناسراو دەبێت، لەو
ڕۆژەدا میسرییەکان یەزدان دەناسن و بە قوربانی
و پێشکەشکراوی دانەوێڵە دەیپەرستن و نەزر[c]
بۆ یەزدان دەکەن و بەجێی دەهێنن. ٢٢ یەزدان لە
میسر دەدات، لێیان دەدات و چاکیشیان دەکاتەوە،
دەگەڕێنەوە لای یەزدان و وەڵامیان دەداتەوە و
چاکیان دەکاتەوە.

٢٣ لەو ڕۆژەدا شاڕێگایەك لە میسرەوە بەرەو ئاشور
دەبێت، جا ئاشورییەکان دێنە میسر و میسرییەکانیش
دێنە ئاشور، میسر لەگەڵ ئاشور پێکەوە خزمەت
دەکەن. ٢٤ لەو ڕۆژەدا ئیسرائیل دەبێتە یەکێك لە
سێیەکە، لەگەڵ میسر و ئاشور، دەبنە بەرەکەت لە
خاکەکە. ٢٥ ئەوەی یەزدانی سوپاسالار بەرەکەتداریان
دەکات و دەفەرموێت: «بەرەکەتدار بێت میسری
گەلی من و ئاشوری دەستکردی من و ئیسرائیلی
میراتی من.»

## نیشانە و پەند لەسەر میسر و کوش

٢٠ لە ساڵی هاتنی فەرماندە گشتییەکە بۆ
ئەشدۆد، کاتێك سەرگۆنی پاشای ئاشور
ناردی و لەگەڵ ئەشدۆد جەنگا و گرتی، ٢ لەو

[b] ١٨ بڕوانە یەرمیا ١٣:٤٣. بە یۆنانی هیلیۆپۆلیس، مەبەست لە شاری خۆرە لە میسر، کە ئێستا پێی دەگوترێ (میسری نوێ).

[c] ٢١ نەزر: داوا لە خودا دەکەیت بۆ ئەنجامدانی کارێك، کارەکە پابەند دەکەیت بە مەرجێکەوە. داوا دەکەیت ئەگەر خودا ئەو کارەم بۆ ئەنجام بدات، ئەوا دەرئەنجام منیش ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدەم. بڕوانە سەرژمێری ٢:٣٠.

[a] ١١ لەم ڕستەیەدا کوڕ بە واتای پەروەردەی بەردەست دێت، نەك پەیوەندی کوڕ و باوکایەتی.

کاتەدا یەزدان لە ڕێگەی ئیشایای کوڕی ئامۆچەوە
قسەی کرد و فەرمووی: «بڕۆ جلوبەرگە گوشەکە لە
کەمەرت بکەرەوە و پێڵاوەکانت لە پێت دابکەنە.»
ئەویش بەم جۆرەی کرد و بە ڕووتی و پێ خاوسی
ڕۆیشت.
٣ئینجا یەزدان فەرمووی: «وەك ئەوەی ئیشایای
بەندەم بۆ ماوەی سێ ساڵ بە ڕووتی و پێ خاوسی
ڕۆیشت، ئەمە نیشانە و پەندە لەسەر میسر و
لەسەر کوش، ٤پاشای ئاشوریش بۆ ڕیسوایی میسر
بەم جۆرە ڕاپێچکراوانی میسر و دیلەکانی کوش،
گەنج و پیر بە ڕووتی و پێ خاوسی و سمت ڕووتی
دەداتە پێش خۆی. ٥دەتۆقن و شەرمەزار دەبن
لەبەر کوش کە مایەی هیوایان بوو و لەبەر میسر
کە مایەی شانازییان بوو. ٦جا دانیشتووی ئەم کەنارە
لەو ڕۆژەدا دەڵێت: ”ئەوەتا ئاوایە پەناگاکەمان کە بۆ
ئەوێ هەڵاتین بۆ یارمەتی بۆ ئەوەی لە ڕووی پاشای
ئاشور فریامان بکەوێت! ئیتر ئێمە چۆن دەرباز
دەبین؟“»

## سروشێك سەبارەت بە بابل

٢١ سروشێك سەبارەت بە چۆڵەوانی نزیکی دەریا[a]:

وەك گەردەلوول لە باشوور هەڵدەکات،
لە چۆڵەوانییەوە دێت،
لە خاکێکی ترسناك.

٢ئەم بینینە ترسناکەم بۆ ئاشکرا کراوە:
ناپاك ناپاکی دەکات و تاڵانکەر تاڵان دەکات.
سەربکەوە ئەی ئیلام! گەمارۆ بدە ئەی میدیا!
کۆتاییم هێنا بە هەموو ئاخ هەڵکێشانەکەی.

٣لەبەر ئەوە کەلەکەم پڕ بووە لە ئازار،
ژانێك منی گرت، وەك ژانی منداڵبوون،
سەرسام بووم لە گوێگرتن،
واقم وڕما لە بینین.

٤سەرم لێ شێوا،
ترس منی لەرزاند،
زەردەپەڕی خۆشی منی
کردە تۆقین.

٥خوان ئامادە دەکەن،
ڕایەخ ڕادەخەن،
دەخۆن و دەخۆنەوە!
هەستن ئەی میران!
قەڵغان چەور بکەن!

٦پاشان پەروەردگار ئەمەم پێ دەفەرموێت:

«بڕۆ ئێشکگر بە پێوە ڕابگرە،
ئەوەی دەیبینێت با ڕاییگەیەنێت.
٧کاتێك چەند گالیسکەیەك دەبینێت،
لەگەڵ ئەسپ سوار جووت جووت،
سواری گوێدرێژ یان سواری وشتر،
با بە تەواوی گوێی شل بکات،
زۆر شلی بکات.»

٨ئینجا ئێشکگرەکە هاواری کرد:

«گەورەم، من بەردەوام بە ڕۆژ بە پێوە لەسەر
قوللەی چاودێرییەکە ڕاوەستاوم،
هەموو شەوان لە بنکەی پاسەوانییێتیم، من
دامەزراوم.
٩ئەوەتا پیاوێك بە سواری گالیسکە هاتووە،
لەگەڵ ئەسپ سوار جووت جووت.
وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:
”کەوتووە، بابل کەوتووە!
هەموو وێنەی خوداوەندەکانی
بەرەو زەوی شکان!“»

١٠ئەی خەڵکینە، کە لەسەر جۆخین جەنجەرکراون،
ئەوەی لە یەزدانی سوپاسالارەوە بیستوومە
لە خودای ئیسرائیلەوە پێتان ڕادەگەیەنم.

## سروشێك سەبارەت بە ئەدۆم

١١سروشێك سەبارەت بە دوما:

---
١ [a] دەکرێت مەبەست لە ناوچەی خوارووی خاکی بابل بێت کە نزیکی کەنداوی فارس.

لە سێعیرەوە هاوارم بۆ دەکرێت،
«ئێشکگر، شەو چەندی ماوە؟
ئێشکگر، شەو چەندی ماوە؟»
١٢ ئێشکگرەکەش[a] وەڵام دەداتەوە:
«بەیانی دێت، هەروەها شەویش.
ئەگەر داواکارن، داوا بکەن،
بگەڕێنەوە، وەرن.»

## سروشێك سەبارەت بە عەرەبستان

١٣ سروشێك سەبارەت بە عەرەبستان:

ئەی کاروانی دیدانییەکان،
ئەوانەی لەنێو دەوەنەکانی عەرەبستان شەو
بەسەردەبەن،
١٤ بەرەوپیری تینوو، ئاو بهێنن.
ئەی دانیشتووانی خاکی تێما،
بە نانەوە بەرەو ڕووی هەڵاتوو بچن،
١٥ چونکە لە ڕووی شمشێر هەڵاتوون،
لە ڕووی شمشێری هەڵکێشراو،
لە ڕووی کەوانی توندکراو،
لە ڕووی سەختی جەنگ.

١٦ پەروەردگار ئەمەم پێ دەفەرموێت: «دوای
یەك ساڵی ڕەبەق، هەموو شکۆمەندی قێدار
بەسەردەچێت و ١٧ پاشماوەی پاڵەوانە کەوان
بەدەستەکانی نەوەی قێدار ژمارەیان کەم دەبن،
چونکە یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل فەرمووی.»

## سروشێك سەبارەت بە ئۆرشەلیم

٢٢ سروشێك سەبارەت بە دۆڵی بینین[b]:

چیتانە وا سەرکەوتوون،
هەمووی بۆ سەربان،
٢ ئەی شارە بە هاتوهاوارەکە،
پڕ لە دەنگەدەنگ، شارۆچکە بە شانازییەکە؟
کوژراوەکانت کوژراوی شمشێر نین و
مردووی جەنگ نین.
٣ فەرمانڕەواکانت پێکەوە هەڵاتن،
بێ بەرگری بە دیل گیران.
هەموو ئەوانەی تێتدا بینرانەوە، پێکەوە گیران،
ئەوانەش کە دوور بوون و هەڵاتبوون.
٤ لەبەر ئەوە گوتم: «وازم لێ بهێنن،
بە تاڵییەوە دەگریێم،
زۆرم لێ مەکەن بۆ دڵدانەوەم
لەسەر وێرانبوونی گەلەکەم.»

٥ چونکە یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار
ڕۆژێکی هەیە لە دۆڵی بینین
بۆ هاتوهەرا و سەرکوتکردن و سەرلێشێوان
بۆ دیوار بڕین و
هاوارکردن بۆ چیا.
٦ ئیلام تیردانی هەڵگرتووە
بە گالیسکە و پیادە و سوارەوە،
قیریش قەڵغانی دەرخست.
٧ جا هەڵبژاردەی دۆڵەکانت پڕ دەبێت لە گالیسکە
و لە سوارەکان،
ڕیزیان بەستووە ڕووەو دەروازەکە.
٨ داپۆشینی یەهودا نامێنێت.
جا لەو ڕۆژەدا دەڕوانیتە
چەکەکانی کۆشکی دارستان،
٩ کەلێنەکانی شاری داود دەبینن کە زۆر بوون و
ئاوی گۆمی خوارێ کۆدەکەنەوە.
١٠ ماڵەکانی ئۆرشەلیم دەژمێرن و
ماڵەکان دەڕووخێنن بۆ پتەوکردنی شووراکە.
١١ ئەستێلێك دروستدەکەن لەنێوان دوو شووراکە،
بۆ ئاوی گۆمە کۆنەکە.
بەڵام نەتانڕوانییە یەزدانی دروستکەری،
ئەوەی لەمێژەوە شێوەی کێشابوو نەتانبینی.

١٢ یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار،
لەو ڕۆژەدا بانگەوازی کرد
بۆ گریان و شیوەن و
سەرتاشین و پۆشینی جلوبەرگی گوش.

[a] ١٢ مەبەست لە پێغەمبەر ئیشایایە.
[b] ١ دۆڵی بینین: ناوێکی مەجازییە بۆ ئۆرشەلیم.

١٣ بەڵام ئەوەتا خۆشی و شادی،
مانگا کوشتنەوە و مەڕ سەربڕین،
گۆشت خواردن و شەراب خواردنەوە!
«با بخۆین و بخۆینەوە،
چونکە سبەی دەمرین.»

١٤ گوێم لێگرت یەزدانی سوپاسالار بۆی ئاشکرا
کردم: «کەفارەت بۆ ئەم تاوانەتان ناکرێت
تاکو دەمرن،» یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار
دەفەرموێت.
١٥ یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت:

«بڕۆ بۆ لای ئەو کارگێڕە،
شەڤنا ئەوەی سەرپەرشتیاری کۆشکەکەیە:
١٦ چیت هەیە لێرە و کێ ڕوخسەتی پێداویت،
هەتا گۆڕێك بۆ خۆت هەڵبکەنیت،
ئەی ئەوەی لە بەرزایی گۆڕی خۆتت
هەڵکەندووە و
بۆ خۆت لەناو تاشەبەرد ماڵت تاشیوە؟

١٧ «ئەی پاڵەوان، ئەوەتا یەزدان خەریکە بە توندی
تووڕت دەدات و
بە هێزەوە لوولت دەکات،
١٨ وەك تۆپ پێچانەوەی پێچ دەتپێچێتەوە و
بەرەو خاکێکی بەرفراوان تووڕت دەدات.
لەوێ دەمریت و
گالیسکەکانی شکۆمەندیت لەوێ دەبێت،
ئەی مایەی سووکایەتی ماڵی گەورەکەت!
١٩ لە پلەکەت دەرتدەکەم و
لە پایەکەت فڕێدەدرێیتە خوارەوە.

٢٠ «لەو ڕۆژەدا بانگی بەندەکەی خۆم، بانگی
ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیا دەکەم و ٢١ جلەکەی تۆی
لەبەر دەکەم و بە کەمەربەندەکەی تۆ کەمەری
توند دەکەم و دەسەڵاتی تۆ دەدەمە دەست ئەو و
دەبێت بە باوك بۆ ئۆرشەلیم و بۆ بنەماڵەی یەهودا.
٢٢ کلیلی ماڵی داود دەخەمە سەر شانی و ئەوەی
دەیکاتەوە کەس دایناخات و ئەوەی دایدەخات
کەس نایکاتەوە. ٢٣ وەك سنگ دەیچەقێنم لە
شوێنێکی چەسپاو و دەبێت بە تەختی شکۆمەندی
بۆ بنەماڵەکەی. ٢٤ هەموو شکۆمەندی بنەماڵەکەی
بەوەوە هەڵدەواسن، چڵەکان و لقەکان، هەموو
دەفرە بچووکەکان، لە دەفرە پەلەکانەوە هەتا دەفرە
قووڵەکان.»
٢٥ یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: «بەڵام
سەردەمێك دێت سنگە چەقاوەکە لە شوێنە
چەسپاوەکە نامێنێت و دەشکێت و دەکەوێت،
ئەو بارگرانییەی لەسەری بوو دەبڕدرێتەوە.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

## سروشێك سەبارەت بە شاری سور

٢٣ سروشێك سەبارەت بە سور:
واوەیلا بکەن ئەی کەشتییەکانی
تەرشیش!
چونکە سور کاول کراوە،
نە خانوو نە بەندەری بە ئێوەی نەماوە،
لە خاکی قوبرسەوە پێیان ڕاگەیەنرا.

٢ بحەپەسێن دانیشتووانی دوورگەکە و
بازرگانانی سەیدا،
ئەوانەی دەریا دەبڕن، پڕیان کردوویت.
٣ دانەوێڵەی شیحۆر
لەسەر ئاوە زۆرەکان دەهات،
داهاتی ئەو دروێنەی ڕووباری نیلە،
جا سور بوو بە بازاڕی نەتەوەکان.

٤ شەرمەزار بە ئەی سەیدا! چونکە دەریا گوتی،
قەڵای دەریا گوتی:
«نە ژانم گرت و نە منداڵم بوو،
نە گەنجم گەورە کرد و نە کچی عازەبم
پێگەیاند.»
٥ کاتێك هەواڵ بە میسر دەگات،
بە هەواڵی سور ژان دەیانگرێت.

٦ بپەڕنەوە بۆ تەرشیش،
واوەیلا بکەن، ئەی دانیشتووانی دوورگەکە!
٧ ئایا ئەمە شاری خۆشییە بۆتان،
ئەوەی دێرینی لە دێرزەمانەوەیە،
ئەوەی پێیەکانی بەرەو دووری دەبەن
بۆ ئاوارە بوون؟
٨ کێ ئەم پلانەی لە دژی سوری تاج لەسەر
داڕشت،
ئەوەی میران بازرگانەکانی ئەون،
فرۆشیارەکانی بەناوبانگەکانی زەوین؟
٩ یەزدانی سوپاسالار پلانی داڕشتووە
بۆ گڵاوکردنی شانازی هەموو شکۆمەندییەك،
بۆ نزمکرنەوەی هەموو بەناوبانگەکانی زەوی.

١٠ ئەی دانیشتووانی تەرشیش،
زەوییەکەتان وەك کەناری نیل بکێڵن،
ئیتر بەندەر نەما.
١١ یەزدان دەستی بەسەر دەریادا درێژکرد و
شانشینەکان تۆقین.
لە دژی فینیکیا فەرمانی دا
بۆ کاولبوونی قەڵاکانی.
١٢ فەرمووی: «جارێکی دی شانازی ناکەیت،
ئەی سەیدای کچە پاکیزە[a]، ئێستا پێشێل
کراویت!

«هەستە بەرەو قوبرس بپەڕەوە،
لەوێش حەوانەوەت نابێت.»
١٣ ئەوەتا خاکی بابلییەکان،
گەلێکی لێیە کە بە هیچ دانانرێت!
ئاشور کردییە شوێنی دڕندە بیابانییەکان[b].
قوللەکانیان[c] دروستکرد،
قەڵاکانیان ڕووخاند،
کردیان بە کاولگە.

١٤ ئەی کەشتییەکانی تەرشیش واوەیلا بکەن،
چونکە قەڵاکانتان کاول بوون.

١٥ لەو ڕۆژەدا ئەوە دەبێت، سور حەفتا ساڵ
لەبیر دەکرێت، بەقەد ڕۆژگاری پاشایەك. پاش
حەفتا ساڵەکە وەك گۆرانی ژنە لەشفرۆشێك بۆ سور
دەبێت:

١٦ «دەست بدە قیسارە و بەناو شاردا بسوورێوە
ئەی ژنە لەشفرۆشی لەبیرکراو!
باش مۆسیقا بژەنە و زۆر گۆرانی بڵێ
بۆ ئەوەی لەیاد نەکرێیت.»

١٧ جا پاش حەفتا ساڵەکە، یەزدان سور
بەسەردەکاتەوە و سور دەگەڕێتەوە سەر کرێ
وەرگرتنی و لەگەڵ هەموو شانشینەکانی جیهان
لەسەر ڕووی زەوی لەشفرۆشی دەکات. ١٨ بەڵام
بازرگانییەکەی و کرێ وەرگرتنەکەی تەرخانکراو
دەبێت بۆ یەزدان. هەڵناگیرێت و لە گەنجینە
ناکرێت، بەڵکو بازرگانییەکەی بۆ ئەوانە دەبێت کە
لەبەردەم یەزدانن، بۆ ئەوەی بخۆن و تێر بن و جلی
گرانبەها بپۆشن.

## یەزدان زەوی وێران دەکات

٢٤ ئەوەتا یەزدان زەوی چۆڵ دەکات،
بەتاڵی دەکات و ڕووی وەردەگێڕێت،
دانیشتووانەکەی پەرت دەکات.
٢ کاهین وەك خەڵکی سادەی لێدێت،
گەورە وەك کۆیلەکەی،
خانم وەك کەنیزەکەی،
کڕیار وەك فرۆشیار،
بەخشەر وەك وەرگر،
قەرزدەر وەك قەرزار.
٣ زەوی بە چۆڵکردن چۆڵ دەکرێت و
بە تاڵان تاڵان دەکرێت،
یەزدان ئەم بڕیارەی فەرموو.

[a] ١٢ پاکیزە: مەبەست لەپێش داگیرکردنیەتی، کە بەراوردی دەکات بە کچی پاکیزە.

[b] ١٣ بڕوانە ئیشایا ٢١:١٣ و یەرمیا ٣٩:٥٠.

[c] ١٣ قوللە لێرە مەبەست لە بورجێکە کە بە دار دروستکراوە لە کاتی شەڕدا بەکارهاتووە بۆ هێرشکردنە سەر شارێکی شوورابەند.

٤ زەوی شیوەن دەکات و سیس بوو،
جیهان داهێزرا و سیس بوو،
گەورەترین خەڵکانی زەوی لەشیان داهێزرا.
٥ زەوی لەژێر دانیشتووانەکەی گڵاو بوو،
چونکە سەرپێچی فێرکردنەکانیان کرد،
فەرزەکانیان پێشێل کرد و
پەیمانی هەتاهەتاییان شکاند.
٦ لەبەر ئەوە زەوی نەفرەتی خوارد و
دانیشتووانەکەی سزادران.
لەبەر ئەوە دانیشتووانی زەوی سووتان و
خەڵکێکی کەم مایەوە.
٧ شەرابی نوێ شیوەن دەکات و ڕەزەمێو سیس
بوو،
هەموو دڵخۆشەکان ئاخ هەڵدەکێشن.
٨ دەفی دەنگ خۆش کپ بوو،
هاتوهەرای شادمانەکان بڕایەوە،
قیسارەی دەنگ خۆش کپ بوو.
٩ بە دەم گۆرانییەوە شەراب ناخۆنەوە،
مەی بۆ نۆشەرەکەی تاڵ دەبێت.
١٠ شاری وێران تێکشکاوە،
هەموو ماڵێك دادەخرێت، چوونە ژوورەوە
نییە.
١١ لە شەقامەکان هاوارە بۆ شەراب
خۆرئاوا بوو بەسەر هەموو خۆشییەك،
دوورخرایەوە شادی زەوی.
١٢ ئەوەی لە شار دەمێنێتەوە وێرانەیە و
لێدانی دەروازەش کاولییە.
١٣ چونکە ئاوا دەبێت لەناوەندی زەوی
لەنێو گەلان،
وەك داتەکاندنی دار زەیتوون،
وەك کۆکردنەوەی هێشوو کە ڕنین تەواو
دەبێت.

١٤ ئەوان دەنگ هەڵدەبڕن، هوتافی خۆشی
دەکێشن،
بۆ شکۆی یەزدان لە ڕۆژئاواوە هاوار دەکەن.
١٥ لەبەر ئەوە لە ڕۆژهەڵات یەزدان شکۆدار بکەن،
لە دوورگەکانی دەریاشەوە
ناوی یەزدان، پەروەردگاری ئیسرائیل.
١٦ لەوپەڕی زەوییەوە گوێمان لە گۆرانییەك بوو:
«شکۆمەندی بۆ خودای ڕاستودروست!»

جا گوتم: «فەوتام! فەوتام!
قوڕبەسەرم!
ناپاکان ناپاکییان کرد!
ناپاکان ناپاکییان لە ناپاکی کرد!»
١٧ ترس و چاڵ و تەڵە
بەسەرتەوەیە ئەی دانیشتووی زەوی.
١٨ ئەوەی لە دەنگی ترسەکە هەڵدێت
دەکەوێتە چاڵەکەوە و
ئەوەی لەناو چاڵەکە بێتە دەرەوە
بە تەڵەکەوە دەبێت.

بەربەستی جۆگەکان لە ئاسمانەوە کرانەوە و
بناغەکانی زەوی هەژان.
١٩ زەوی بە شکان دەشکێت،
زەوی بە وردوخاشبوون وردوخاش دەبێت،
زەوی بە لەقین دەلەقێت.
٢٠ زەوی وەك سەرخۆش بە لادا دێت،
جۆلانە دەکات وەك کەپر.
یاخیبوونەکەی لەسەری قورسە،
دەکەوێت و جارێکی دیکە هەڵناستێتەوە.

٢١ لەو ڕۆژەدا یەزدان
سزای هێزەکان دەدات لە ئاسمان و
لەسەر زەوی سزای پاشایانی دەدات.
٢٢ بە کۆمەڵ کۆیان دەکەنەوە
وەك دیل لە بەندیخانە و
لە گرتووخانە توند دەکرێن و
دوای ماوەیەکی درێژ سزا دەدرێن.
٢٣ مانگ ڕیسوا دەبێت و خۆر شەرمەزار دەبێت،
چونکە یەزدانی سوپاسالار حوکمڕانی دەکات
لە کێوی سییۆن و لە ئۆرشەلیم،
شکۆمەندیش لەبەردەم پیرانی ئەوە.

## ستایش بۆ یەزدان

٢٥ ئەی یەزدان، تۆ خودای منیت!
بە گەورەت دەزانم، ستایشی ناوت
دەکەم،
چونکە تۆ کاری سەرسوڕهێنەرت کردووە،
پلانەکانت لە دێرزەمانەوەن،
بە دڵسۆزی چەسپاون.
٢ چونکە شارت کاول کرد و
شارۆچکەی قەڵابەندت وێران کرد،
قەڵای بێگانەکان وەک شار نامێنێتەوە،
بۆ هەتاهەتایە بنیاد نانرێتەوە.
٣ لەبەر ئەوە گەلی بەهێز ڕێزت لێ دەگرن،
شارۆچکەی نەتەوە بێ ویژدانەکان لێت
دەترسن.
٤ چونکە بوویت بە پەناگای هەژار،
پەناگای نەدار لە کاتی تەنگانە،
چەتر لە لێزمەی باران و
سێبەر لە گەرما،
چونکە هەڵچوونی بێ ویژدانەکان
لێزمەی بارانە بەسەر دیوارەوە،
٥ وەک گەرمایە لە خاکی وشکدا.
هاتوهەرای بێگانەکان کپ دەکرێت
وەک گەرما بە سێبەری هەور
گۆرانی بێ ویژدانەکان زەلیل دەکرێت.

٦ یەزدانی سوپاسالار بۆ هەموو گەلان
لەم کێوە خوانی دابەستەکان ساز دەکات،
خوانی شەرابی سادە و دابەستە پڕ لە مۆخەکان
مەی سادەی پاڵاوتە.
٧ لەم کێوەدا لووشی دەدات
پەچەی سەر مردوو،
پەچە بەسەر هەموو گەلانەوە،
هەروەها ئەو سەرپۆشەی بەسەر هەموو
نەتەوەکاندا پۆشراوە،
٨ مردن لووشدەدات بۆ هەتاهەتایە.
یەزدانی باڵادەست سڕییەوە
فرمێسک لەسەر هەموو ڕووەکان،
ڕیسوایی گەلەکەی دادەماڵێت
لە هەموو زەویدا،
چونکە یەزدان فەرمووی.

٩ لەو ڕۆژەدا دەگوترێت:

«ئەوەتا ئەمە خودامانە،
چاوەڕێمان دەکرد، ڕزگاری کردین.
ئەمە یەزدانە، چاوەڕێمان کرد،
شاد دەبین و دڵشاد دەبین بە ڕزگارییەکەی.»

١٠ چونکە دەستی یەزدان ئەم کێوە دەپارێزێت،
بەڵام مۆئاب لە جێی خۆی پێپەست دەکرێت
وەک پێپەستکردنی کا بە ئاوی تەپاڵە.
١١ جا مۆئاب لە ناوەڕاستیدا دەستی بڵاو دەکاتەوە
وەک چۆن مەلەوان بۆ مەلەکردن بڵاوی
دەکاتەوە.
خودا لووتبەرزییەکەی دادەگرێت
لەگەڵ فرتوفێڵەکانی دەستی.
١٢ قەڵابەندی بەرزی شووراکانت دەچەمێنێتەوە،
دایدەگرێت دەینووسێنێت بە زەوییەوە، هەتا
خۆڵ.

## گۆرانییەک بۆ ستایش

٢٦ لەو ڕۆژەدا لە خاکی یەهودا ئەم گۆرانییە
دەڵێن:

شاری بەهێزمان هەیە،
خودا ڕزگاری دەکاتە
شوورا و سەنگەری.
٢ دەروازەکان بکەنەوە
با نەتەوەی ڕاستودروست
پارێزەری باوەڕ بێتە ژوورەوە.
٣ تۆ کەسی بیروڕا چەسپاو
بە ئاشتی تەواو دەپارێزیت،
چونکە پشتی بە تۆ بەستووە.
٤ هەتاهەتایە پشت بە یەزدان ببەستن،

چونکە یەزدان، هەر یەزدان، تاشەبەردەکەی
هەتاهەتاییە.
٥ ئەوانەی لە بەرزاییدا نیشتەجێن نزم دەکاتەوە،
شاری بەرزیش نەوی دەکات،
دەیدات بە زەویدا،
تەختی دەکات لەگەڵ خۆڵ.
٦ پێی هەژار،
هەنگاوی نەدار،
پێشێلی دەکات.

٧ ڕێڕەوی کەسی ڕاستودروست ڕێکە،
ئەی ڕاست، ڕێگای ڕاستودروست خۆش
دەکەیت.
٨ ئەی یەزدان، لە ڕێی حوکمەکانت
چاوەڕێی تۆ دەکەین،
بۆ ناوەکەت و بۆ یادکردنەوەتە
ئارەزووی گیان.
٩ گیانەکەم بە شەو ئارەزووت دەکەم،
هەروەها لە بەیانیدا ڕۆحم لە ناخمدا پەرۆشە
بۆت،
چونکە کاتێك حوکمەکانت لە زەوین،
دانیشتووانی جیهان فێری ڕاستودروستی دەبن.
١٠ بەدکار بەر میهرەبانی بکەوێت،
فێری ڕاستودروستی نابێت،
لە خاکی ڕاستییەکاندا نادرەوایی دەکات،
شکۆی یەزدان نابینێت.
١١ ئەی یەزدان بەرزی دەستت نابینن،
با دڵگەرمیت بۆ گەلەکەت ببینن و
شەرمەزار بن،
با ئەو ئاگرەی کە ئامادەت کردووە
دوژمنەکانت بخوات.

١٢ ئەی یەزدان ئاشتیمان دەدەیتێ،
چونکە لە ڕاستیدا هەموو کارەکانمان تۆ
کردووتە.
١٣ ئەی یەزدانی پەروەردگارمان،
گەورەکانی دیکە، جیا لە تۆ بوون بە گەورەمان،
بەڵام تەنها تۆ، یادی ناوی تۆ دەکەین.
١٤ مردوون، زیندوو نابنەوە!
تارمایین، هەڵناستنەوە،
لەبەر ئەوە سزات دان و تێکت شکاندن،
هەموو یادگارییەکی ئەوانت لەناوبرد.
١٥ بۆ نەتەوەت زیاد کرد ئەی یەزدان،
بۆ نەتەوەت زیاد کرد و
شکۆمەند بوویت،
هەموو سنوورەکانی خاکەکەت فراوان کرد.

١٦ ئەی یەزدان، لە تەنگانەدا هانایان بۆ هێنایت،
کاتێك تەمبێت کردن،
بە چرپەوە نوێژیان هەڵڕشت.
١٧ وەك ژنی سکپڕ کە لە منداڵبوون نزیك دەبێتەوە
لە ژاندا دەتلێتەوە و دەقیژێنێت،
ئاوامان لێ هات لەبەردەمت، ئەی یەزدان.
١٨ سکپڕ بووین تلاینەوە
وەك ئەوەی بامان بووبێت.
لە زەویدا ڕزگاریمان بەرپا نەکرد و
کەسێکی جیهانمان لێ نەبوو.

١٩ مردووەکانت زیندوو دەبنەوە،
لاشەکان هەڵدەستنەوە.
هەستن و گۆرانی بڵێن
ئەی دانیشتووانی خۆڵ،
چونکە شەونمت شەونمی بەیانییە،
زەوی تارماییەکانی لێ لەدایك دەبێت.

٢٠ گەلەکەم برۆ، بڕۆ ناو ژوورەکانت و
دەرگاکەت لەدوای خۆت کلیل بدە،
بۆ ساتێك خۆت بشارەوە
هەتا تووڕەیی تێدەپەڕێت.
٢١ چونکە ئەوەتا یەزدان لە شوێنی خۆیەوە دێتە
دەرەوە
هەتا سزای تاوانی دانیشتووانی زەوی بدات
لەسەری.
زەوی خوێنەکانی ناو خۆی دەردەخات،
لەمەودوا کوژراوەکانی ناشارێتەوە.

## ڕزگاریی ئیسرائیل

٢٧ لەو ڕۆژەدا،
یەزدان بە شمشێرە
ڕەق و گەورە و بەهێزەکەی،
سزای لیڤیاتان دەدات کە مارە هەڵاتووەکەیە،
لیڤیاتان کە مارە پێچ خواردووەکەیە،
ئەژدیهاکەی ناو دەریاش دەکوژێت.

٢ لەو ڕۆژەدا

«گۆرانی بۆ ڕەزەمێوی بەردار بڵێن:
٣ من یەزدانم، چاودێری ئەوم،
هەموو ساتێك ئاوی دەدەم.
نەوەك بەسەریدا بدرێت
بە شەو و بە ڕۆژ چاودێری دەکەم.
٤ هەڵچوونم نییە.
کێ دەتوانێ لە جەنگدا دڕکوداڵ بخاتە بەرپێم؟
من پێشێلی دەکەم و دەیسووتێنم،
پێکەوە گڕیان تێ بەردەدەم.
٥ بەڵام ئەگەر پەنا بداتە پاڵ من
لەگەڵ من ئاشتی دەبەستێت،
ئاشتی لەگەڵ من دەبەستێت.»

٦ لە داهاتوودا، یاقوب ڕەگ دادەکوتێت،
ئیسرائیل گوڵ دەکات و لق دەردەکات،
ڕووی جیهان پڕ بەروبووم دەکات.

٧ ئایا یەزدان لێیدان
بەو شێوەیەی لەوانەی دا کە لێیان دەدان؟
یان ئەوەندەی لێ کوشتن
وەك لە بکوژانی ئەوانی کوشت؟
٨ بە دوورخستنەوە و بە ڕاپێچکردن دژایەتی ئەوت کرد،
ڕایماڵی بە بای بەهێزی خۆی
لە ڕۆژێکی بای ڕۆژهەڵاتیدا.
٩ لەبەر ئەوە بەمە کەفارەت بۆ تاوانی یاقوب دەکرێت،
ئەمەش هەموو بەروبوومی داماڵینی گوناهەکەیەتی
بەوەی هەموو بەردەکانی قوربانگاکە
وەك بەردی گەچی وردوخاشکراو لێ بکات،
نە ستوونە ئەشێراکان و نە قوربانگاکانی خۆر
بە پێوە نەمێنێت.
١٠ چونکە شاری قەڵابەند تەنهایە،
ماڵ چۆڵ و بەجێماوە وەك چۆڵەوانی،
لەوێ گوێرەکە دەلەوەڕێت و
لەوێ پاڵ دەداتەوە و
لقەکانی تێکدەدات.
١١ کە وشك دەبێت پۆپەکانی دەشکێن و
ژنان دێن ئاگریان تێبەر دەدەن،
چونکە گەلێکی تێگەیشتوو نییە،
لەبەر ئەوە دروستکەرەکەی بەزەیی پێیاندا نایەتەوە و
شێوەکێشەکەی لەگەڵیدا میهرەبان نابێت.

١٢ لەو ڕۆژەدا یەزدان دەیکوتێت لە ئاوەڕۆی
فوراتەوە هەتا دۆڵی میسر، ئێوەش یەك بە یەك
هەڵدەگیرێنەوە ئەی نەوەی ئیسرائیل. ١٣ لەو ڕۆژەدا
فوو بە کەڕەنایەکی گەورەدا دەکرێت، جا ونبووەکان
لە خاکی ئاشور و دوورخراوەکان بۆ خاکی میسر
دێن و کڕنۆش بۆ یەزدان دەبەن لە کێوی پیرۆز لە
ئۆرشەلیم.

## قوڕبەسەری بۆ ئەفرایم

٢٨ قوڕبەسەر ئەو تاجەی سەرخۆشانی
ئەفرایم شانازی پێوە دەکەن!
قوڕبەسەر ئەو شارەی دەسەڵاتدارە بەسەر دۆڵی بەپیت،
کە جوانی و شکۆمەندییەکەی وەك گوڵێکی سیسە.
قوڕبەسەر ئەوانەی شەراب ئەوانی کەواندووە!
٢ ئەوەتا بەهێز و توند هی پەروەردگارە.
وەك لێزمەی تەرزە و ڕەشەبای وێرانکەر،
وەك لێزمەی ئاوی زۆری ڕاماڵ،

بە دەست فڕێیدەداتە سەر زەوی.
٣ پێشێل دەکرێت
تاجی شانازی سەرخۆشانی ئەفرایم.
٤ دەبێت بە گوڵی سیس بوو
جوانی شکۆمەندییەکەی،
ئەوەی لەسەر دۆڵی بەپیتە،
وەك پێگەیشتنی هەنجیر بەر لە هاوین،
ئەوەی دەیبینێت
هێشتا لە مستیەتی قووتی دەدات.

٥ لەو ڕۆژەدا یەزدانی سوپاسالار
دەبێتە تاجەگوڵینەی جوانی و
تاجی شکۆمەندی
بۆ پاشماوەی گەلەکەی.
٦ دەبێتە ڕۆحی دادپەروەری
بۆ دانیشتوو لەسەر تەختی حوکمدان و
پاڵەوانییەتی
بۆ بەرەنگاربووانی جەنگ لەبەر دەروازەکان.

٧ ئەمانیش بە شەراب گێژن و
بە مەی گومڕا بن:
کاهین و پێغەمبەر بە مەی گێژن،
بە شەراب قووتدەدرێن،
بە مەی گومڕان،
کە بینینیان بۆ ئاشکرا دەکرێت گێژن،
کوێرانە حوکم دەدەن.
٨ چونکە هەموو مێزەکان پڕ بوون لە ڕشانەوە و
هیچ جێگایەك بێ پیسایی نەماوە.

٩ دەڵێن: «زانیاری فێری کێ دەکات؟
پەیام بۆ کێ ڕوون دەکاتەوە؟
بۆ لەشیربڕاوەکان،
یان بۆ لە مەمك بڕاوەکان؟
١٠ وەك گغە گغ بۆ گغە گغ،
بڤە بڤ بۆ بڤە بڤ،[a]
کەمێك لێرە و کەمێك لەوێ.»

١١ کەواتە خوداش بە لێوی بێگانە و زمانێکی نامۆ
قسە بۆ ئەم گەلە دەکات.
١٢ بۆ ئەوانەی پێی گوتن:
«ئەمە حەسانەوەیە،
با ماندوو بحەسێتەوە، ئەمە ئارامگایە.»
بەڵام نەیانویست گوێ بگرن.
١٣ جا فەرمایشتی یەزدان بۆیان دەبێت بە:
گغە گغ بۆ گغە گغ،
بڤە بڤ بۆ بڤە بڤ،
کەمێك لێرە و کەمێك لەوێ.
بۆ ئەوەی بڕۆن و بەرەو دواوە بکەون و
بشکێنەوە و ڕاو بکرێن و بگیرێن.

١٤ ئەی پیاوانی گاڵتەجاڕ، لەبەر ئەوە گوێ لە
فەرمایشتی یەزدان بگرن،
ئەی فەرمانڕەوایانی ئەم گەلە کە لە
ئۆرشەلیمە!
١٥ چونکە گوتتان: «پەیمانمان لەگەڵ مردن بەستووە
و
پەیماننامەمان لەگەڵ جیهانی مردووان مۆر
کردووە،
کە قامچی لافاو تێدەپەڕێت
لە ئێمە نزیك ناکەوێتەوە،
چونکە درۆمان کردووە بە داڵدەمان و
لەناو ساختە پەناگیر دەبین.»

١٦ لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت:

«ئەوەتا بەردێك لە سییۆن دادەنێم،
کە دەبێتە سەنگی مەحەك،
گرنگترین و گرانبەهاترین بەردی بناغە[b] بۆ
بناغەیەکی پتەو،
ئەوەی پشتی پێ ببەستێت ناشڵەژێت.
١٧ دادوەری دەکەمە گوریسی پێوانە و

---

[a] ١٠ عیبری: چاڤ لاچاڤ، قاڤ لاقاڤ، کە تەنها دەنگە لە زمانی عیبری بەبێ واتە، وەك گوێگرتن لە زمانێکی بیانی.

[b] ١٦ گرنگترین بەردی بناغە: بەردی قولینچك، بەردێکی گەورەیە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

بە شاووڵ ڕاستودروستی دەکەم،
جا تەرزە داڵدەی درۆ ڕادەماڵێت و
پەناگاش ئاو دایدەپۆشێت.
١٨ پەیمانەکەتان لەگەڵ مردن دەسڕێتەوە و
پەیماننامەکەتان لەگەڵ جیهانی مردووان سەر
ناگرێت.
کاتێک قامچی لافاو تێدەپەڕێت،
ئێوە بۆی دەبن بە پێشێل.
١٩ هەر کاتێک تێبپەڕێت دەتانبات،
چونکە هەموو بەیانییەک تێدەپەڕێت
بە شەو و بە ڕۆژ.»

بە تەنها تێگەیشتنی پەیامەکە
دەبێتە مایەی تۆقاندن.
٢٠ چونکە دۆشەک کورت بووە بۆ ڕاکشان و
لێفەش تەنک بووە بۆ لەخۆپێچانەوە.
٢١ چونکە یەزدان هەڵدەستێت، وەک لە کێوی
پەراچیم هەستا،
هەروەک لە دۆڵی گبعۆن، توورەیی دێتە جۆش
بۆ ئەوەی کارەکەی بکات، کارەکەی نامۆیە!
بۆ ئەوەی ئیشەکەی بکات، ئیشەکەی نامۆیە!
٢٢ ئێستا گاڵتەجاڕ مەبن،
نەوەک کۆتتان توندتر بکرێت،
چونکە لەلایەن یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار،
گوێم لە کۆتایی پێهێنان و بڕانەوە بووە بەسەر
هەموو خاکەکەدا.

٢٣ گوێ شل بکەن و دەنگم ببیستن،
گوێ بگرن و قسەم ببیستن.
٢٤ ئایا جوتیار هەموو ڕۆژێک زەوییەکەی دەکێڵێت،
هەڵیدەکۆڵێت و خەرتەی دەکات بۆ چاندن؟
٢٥ ئەی کە ڕووەکەی تەخت کرد،
تۆوی دەکات بە کونجی و زیرەی تێدا
دەوەشێنێت و
گەنم لە هێڵی جووتەکانی دادەنێت و
جۆ لە شوێنی نیشانکراو،
گوڵەبەڕۆژەش لە سنوورەکانی؟
٢٦ جا بە دادوەری ڕێنمایی دەکات،
خودای خۆی فێری دەکات.
٢٧ چونکە کونجی بە جەنجەڕ ناکوترێت،
چەرخەی عەرەبانەش بەسەر زیرەدا نایەت،
بەڵکو کونجی بە دار تێکدەدرێت و
زیرەش بە گۆچان.
٢٨ دانەوێڵە بۆ نان دەکوترێت،
هەتاهەتایە جەنجەڕی بەسەردا ناهێنێت،
چەرخەی عەرەبانەکەی و
ئەسپەکەی وردوخاشی ناکەن.
٢٩ هەموو ئەمانەش لەلایەن یەزدانی سوپاسالارەوە
هاتوون،
ڕاوێژی سەیرە و دانایی مەزنە.

## قوڕبەسەر شارەکەی داود

٢٩ قوڕبەسەر ئەریێل، ئەریێل[a]
ئەو شارەی داود تێیدا مایەوە!
ساڵ لەدوای ساڵ زیاد بکەن،
با جەژنەکان بسوڕێنەوە.
٢ منیش تەنگ بە ئەریێل هەڵدەچنم،
جا دەبێت بە گریان و شیوەن و
بۆ من وەک ئاگردانی قوربانگای[b] لێدێت،
٣ وەک بازنە دەورت دەدەم،
بە قەڵا تەنگت پێهەڵدەچنم و
سەنگەر بە چواردەورتدا لێ دەدەم.
٤ جا نزم دەبیتەوە و لە زەوییەوە دەدوێیت،
قسەکەت لەناو خۆڵ دەچەمێتەوە،
دەنگت وەک تارمایی دەبێت لە زەوییەوە،
قسەکەت لەناو خۆڵ چرپەی دێت.

٥ ئاپۆرەی دوژمنانت وەک تۆزی کوتراو دەبن و
ئاپۆرەی زۆرداران وەک پووشی با بردوو دەبێت.

[a] ١ ئەریێل ئەو ناوە شیعرییەیە کە بۆ ئۆرشەلیم بەکاردەهێنرا، واتای ناوەکە: شێری خودا.

[b] ٢ لە زمانی عیبری هەمان وشەی ئەریێل بەکارهاتووە بە واتایەکی دیکە. بڕوانە ئایەتی ١.

لە ساتێکدا لەپڕ ئەوە دەبێت،
٦ لەلایەن یەزدانی سوپاسالارەوە سزا دەدرێت
بە هەورەتریشقە و بوومەلەرزە و دەنگێکی گەورەوە،
بە زریان و ڕەشەبا و گڕی ئاگری سووتێنەرەوە.
٧ وەك خەون و زیندەخەوی شەوانی لێدێت،
ئاپۆرەی هەموو نەتەوەیە لەشکرکێشەکانی سەر ئەریێل،
هەموو لەشکرکێشەکانی سەری و سەر قەڵاکانی
لەگەڵ تەنگ پێ هەڵچنانی.
٨ وەك ئەوەی برسی خەون ببینێت و ئەوەتا دەخوات
بەڵام کە هەڵدەستێت ورگی بەتاڵە،
وەك ئەوەی تینوو خەون ببینێت و ئەوەتا دەخواتەوە
بەڵام کە هەڵدەستێت شەکەتە و گیانی ئارەزوو دەکات،
ئاوایان لێدێت ئاپۆرەی هەموو ئەو نەتەوانەی
لەشکرکێشییان کردووە بۆ سەر کێوی سییۆن.

٩ بحەپەسێن و سەرسام بن!
خۆتان کوێر بکەن و کوێربن!
بەبێ شەراب ئێوە مەستن،
بەبێ مەی ئێوە بە لارەلار دەڕۆن.
١٠ چونکە یەزدان ڕۆحی خەوی قووڵی بەسەر ئێوەدا ڕشتووە،
بەم شێوەیە یەزدان چاوەکانی ئێوەی نوقاندووە
کە پێغەمبەرەکانن،
هەروەها یەزدان سەری ئێوەی پێشبینیکەری داپۆشیوە.

١١ جا تەواوی ئەم پەیامەی کە بە بینینێك ئاشکرا
کراوە تەنها بۆ ئێوە وەك وشەکانی تۆمارێکی
مۆرکراوی لێهاتووە، ئەوەی دەیدەنە کەسێکی
خوێندەوار و دەڵێن: «تکایە ئەمە بخوێنەوە.»
ئەویش دەڵێت: «ناتوانم، چونکە مۆر کراوە.» ١٢ یان
ئەگەر تۆمارەکە دەدەنە کەسێکی نەخوێندەوار و
دەڵێن: «تکایە ئەمە بخوێنەوە.» ئەویش دەڵێت:
«خوێندەواریم نییە.»
١٣ جا پەروەردگار دەفەرموێت:

«لەبەر ئەوەی ئەم گەلە بە دەم نزیك بووەوە و
بە لێوەکانی ڕێزی لێ گرتم،
بەڵام دڵی لێم دوورە،
پەرستنیان بۆ من
تەنها فێرکردن و ڕاسپاردەی خەڵکە.
١٤ لەبەر ئەوە ئەوەتا من جارێکی دیکە
کاری سەیر و سەمەرە بەم گەلە دەکەم،
دانایی داناکانی لەناودەبەم و
تێگەیشتنی تێگەیشتووانی ون دەبێت.»
١٥ قوڕبەسەر ئەوانەی دەچنە قووڵاییەوە
بۆ ئەوەی پیلانەکانیان لە یەزدان بشارنەوە،
کارەکانیان لە تاریکی دەبێت و
دەڵێن: «کێ دەمانبینێ؟ کێ دەمانناسێت؟»
١٦ ئای لە هاڵاوگێڕیتان،
ئایا گۆزەکەر و قوڕ دەکرێن بە یەك
تاکو دروستکراو بە دروستکەرەکەی بڵێت:
«ئەو دروستی نەکردم»؟
یان گۆزەکە بە گۆزەکەر بڵێت:
«تێناگات»؟

١٧ ئایا لە ساتێکی کەمدا لوبنان ناگۆڕێت بۆ باخ و
باخیش بە دارستان دانانرێت؟
١٨ جا لەو ڕۆژەدا کەڕەکان گوێیان لە وشەکانی
تۆمارەکە دەبێت و
لە ئەنگوستەچاو و لە تاریکیدا
چاوی نابیناکان دەبینن.
١٩ زەلیلەکان دڵخۆشییان بە یەزدان زیاتر دەبێت،
نەدارانی خەڵکیش بە خودا پیرۆزەکەی
ئیسرائیل دڵشاد دەبن.
٢٠ چونکە زۆردار لەناوچوو و
گاڵتەجاڕ نەما و
هەموو ئێشکگرانی خراپەکاری بڕانەوە.
٢١ ئەوانەی بە وشەیەك مرۆڤ گوناهبار دەکەن و

لە دادگا داو بۆ دادوەر دەنێنەوە و
بە شتی پووچ دادپەروەری خوار دەکەن.

٢٢ لەبەر ئەوە یەزدان ئەوەی ئیبراهیمی کڕییەوە، ئەمە بە بنەماڵەی یاقوب دەفەرموێت:

«ئێستا یاقوب شەرمەزار نابێت و
ئێستا ڕوو زەرد نابێت.
٢٣ کاتێک منداڵەکانی دەستکردەکانی دەستم
لەنێویاندا دەبینن،
وەک ناوێکی پیرۆز ڕێز لە ناوەکەم دەگرن،
دان بە پیرۆزی پیرۆزەکەی یاقوبدا[a] دەنێن،
لە خودای ئیسرائیل دەترسن.
٢٤ ئەوانەی لە ناوەڕۆکەوە گومڕا بوون تێگەیشتن
بەدەستدەهێنن و
بۆڵەبۆڵکەران فێربوون وەردەگرن.»

## قوڕبەسەر نەتەوەی کەللەڕەق

٣٠ یەزدان دەفەرموێت:
«قوڕبەسەر کوڕانی کەللەڕەق،
پلانێک جێبەجێ دەکەن کە هی من نییە،
داڕێژراوێک دادەڕێژن کە لە ڕۆحی منەوە نییە
بۆ ئەوەی گوناه لەسەر گوناه زیاد بکەن.
٢ دەڕۆن هەتا بەرەو میسر شۆڕ بنەوە
بێ ئەوەی پرس بە من بکەن،
هەتا پەنا بدەنە پاڵ قەڵای فیرعەون،
لە سایەی میسر پەناگیر بن.
٣ بەڵام قەڵای فیرعەون بۆتان دەبێت بە ڕیسوایی
و
پەناگیریشتان لە سایەی میسر بە شەرمەزاری.
٤ هەرچەندە میرەکانی وا لە چۆعەنن،
نێردراوەکانی گەیشتنە شاری حانێس،
٥ بەڵام هەموو شەرمەزار دەبن
لە گەلێک کە بێ سوودە بۆیان،
بۆ یارمەتیدان نییە و بۆ سوود بەخشین نییە،
چونکە بۆ ڕیسوایی و بۆ شورەییە.»

٦ سروشێک سەبارەت بە ئاژەڵەکانی نەقەب:

لە خاکی تەنگانە و ناخۆشیدا،
ئەوەی شێرە مێ و شێری لێوە دێت،
مار و ماری ژەهراوی باڵدار،
سامانەکانیان لەسەر شانی گوێدرێژ بار دەکەن،
لەسەر پشتی وشتریش گەنجینەکانیان
بۆ لای گەلێک کە سوود نابەخشن،
٧ چونکە پووچ و بەفیڕۆدانە یارمەتییەکەی میسر.
لەبەر ئەوە ناوم لەمە نا:
«ڕەهەڤ ئەوەی هیچ ناکات».

٨ ئێستا وەرە لەلایان لەسەر تەختەیەک بینووسە و
لە تۆمارێک نەخشی بکە،
هەتا بۆ ڕۆژگاری داهاتوو ببێت بە
شایەتێک بۆ هەتاهەتایە.
٩ چونکە گەلێکی یاخین، کوڕانی درۆزنن،
ئەو کوڕانەی نەیانویست گوێ لە فێرکردنی
یەزدان بگرن.
١٠ بە پێشبینیکەر دەڵێن:
«پێشبینی مەکە!»
بەوەی پەیامی خودا ڕادەگەیەنێت دەڵێن:
«پەیامی ڕاستمان پێ ڕامەگەیەنە!
قسەی لووسمان بۆ بکە،
خەونی تەفرەدەر ببینە!
١١ لە ڕێگا لابدەن،
ڕێچکە بەر بدەن،
خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل
لە ئێمە دووربخەنەوە!»

١٢ لەبەر ئەوە خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل وا دەفەرموێت:

«ئەم پەیامەتان ڕەتکردەوە و
متمانەتان بە زۆرداری و خواروخێچی کرد و
پشتتان پێیان بەست،
١٣ لەبەر ئەوە ئەم تاوانەتان وەک
دیوارێکی نارێک و بەرز درزی تێکەوتبێت،

[a] ٢٣ پیرۆزەکەی یاقوب: مەبەست لە خودای پیرۆزی یاقوبە.

ئەوەی لەناکاو و دەستبەجێ دادەڕووخێت.
١٤ وەك شکانی گۆزەی گۆزەکەران دەشکێت
بێ بەزەییانە وردوخاش دەکرێت،
لەناو پارچە وردوخاشکراوەکانی
پارچەیەك نابێت بۆ هەڵگرتنی ئاگر لە
ئاگردانەوە
یان بۆ ئاو دەرهێنان لە ئەمباراوەوە.»

١٥ یەزدانی باڵادەست، پیرۆزەکەی ئیسرائیل وا
دەفەرموێت:

«بە تۆبەکردن و ئارامگرتن ڕزگارتان دەبێت،
پاڵەوانیتان لە هێمنی و لە دڵنیاییتان دەبێت،
بەڵام نەتانویست،
١٦ گوتتان: ”وا نا، بەڵکو بە ئەسپ هەڵدێین،“
لەبەر ئەوە هەڵدێن!
گوتتان: ”سواری ئەسپی خێرا دەبین،“
لەبەر ئەوە ڕاونەرانتان خێرا دەکەن!
١٧ لە ڕووی نەڕەی یەك کەس
هەزار کەس هەڵدێت،
لە ڕووی نەڕەی پێنج کەس
هەمووتان هەڵدێن،
هەتا وەك دار ئاڵا لەسەر لووتکەی چیا و
وەك بەیداخ بەسەر گردەوە دەمێننەوە.»

١٨ بەڵام یەزدان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا
لەگەڵتان میهرەبان بێت،
لەبەر ئەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بەزەیی
پێتاندا بێتەوە،
چونکە یەزدان خودای دادپەروەرییە.
خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن!

١٩ ئەی گەل کە لە سییۆن لە ئۆرشەلیم نیشتەجێن،
ئێوە ئیتر ناگریێن. بە تەواوی میهرەبان دەبێت
لەگەڵتان، لەگەڵ دەنگی هاوارتان کە گوێی
لێ دەبێت، بە دەنگتانەوە دێت. ٢٠ هەرچەندە
پەروەردگار نانی تەنگانە و ئاوی ناخۆشیتان دەداتێ،
بەڵام ئیتر مامۆستاکانتان ناخرێنە پەنای چاوەکانتان،
مامۆستاکانتان دەبینن. ٢١ کاتێك بەلای ڕاست یان
چەپدا لادەدەن، گوێیەکانتان دەنگێك دەبیستێت
لە دواتانەوە دەڵێت: «ئەمە ڕێگاکەیە پێیدا بڕۆن.»
٢٢ پەیکەرە داتاشراوە بە زیو ڕووکەشکراوەکانتان و
بتە لەقاڵبدراوە بە زێڕ ڕووکەشکراوەکانتان بە گڵاو
دادەنێن. وەك پەڕۆی پیسی ئافرەت فڕێیدەدەن،
پێی دەڵێن: «بڕۆ دەرەوە!»

٢٣ ئینجا بارانی تۆوەکەت دەداتێ کە زەوییەکەی
پێ تۆو دەکەیت، نانی بەروبوومی زەوییەکە چەور
و قەڵەو دەبێت. لەو ڕۆژەدا مەڕوماڵاتەکەت لە
لەوەڕگایەکی پانوبەریندا دەلەوەڕێن. ٢٤ گاجووت و
نێرەکەرەکانت کە لە زەوییەکەت کار دەکەن ئالیکی
پاککراو دەخۆن کە بە شەن و بێڵ شەن کرابێت.
٢٥ جا لەسەر هەموو کێوێکی بڵند و لەسەر هەموو
تەپۆڵکەیەکی بەرز ڕووبار و جۆگەی ئاو دەبێت لە
ڕۆژی کوشتارە مەزنەکە، کاتێك قوللەکان دەکەون.
٢٦ جا ڕووناکی مانگ وەك ڕووناکی خۆر دەبێت،
ڕووناکی خۆریش حەوت ئەوەندە دەبێت وەك
ڕووناکی حەوت ڕۆژ لەو ڕۆژەی یەزدان شکاوی
گەلەکەی دەگرێتەوە و جێی لێدانەکانی تیمار
دەکات.

٢٧ ئەوەتا ناوی یەزدان لە دوورەوە هات،
تووڕەییەکەی گڕی گرتووە و بارەکەی قورسە.
لێوەکانی پڕن لە هەڵچوون و
زمانی وەك ئاگرێکی لووشدەرە.
٢٨ هەناسەی وەك ڕووبارێکی هەستاوە
دەگات بە گەردن،
بۆ لەبێژنگدانی نەتەوەکان
بە بێژنگی لەناوچوون و
لغاوی گومڕابوونیش لەدەم گەلانە.
٢٩ گۆرانییەکتان بۆ دەبێت
وەك شەوی تەرخانکردنی جەژن،
خۆشی دڵیش
وەك ئەوەی بەدەم بلوێرەوە بڕوات
هەتا بێت بۆ کێوی یەزدان،
بۆ تاشەبەردەکەی ئیسرائیل.

٣٠ یەزدان وا دەکات دەنگی مەزنی ببیسترێت و
دابەزینی بازووی ببینرێت
بە هەڵچوونی تووڕەیی و گڕی ئاگری لووشدەر،
بە ڕەشەبا و لێزمەی باران و تەرزەوە.
٣١ چونکە ئاشور لە دەنگی یەزدان لەرز دەیگرێت،
بە داردەست لێدەدات.
٣٢ جا هەموو لێدانێکی گۆچانی دادوەری،
ئەوەی یەزدان بەسەریدا دەهێنێت،
بە دەف و قیسارەوە دەبێت و
بە ڕاوەشاندنی دەستی کە دەجەنگێت.
٣٣ چونکە چاڵی تۆفەت[a] لەمێژە ڕێکخراوە،
بۆ پاشا ئامادە کراوە،
قووڵە، بەرینە،
کەڵەکە کراوەکەی ئاگرە و داری زۆرە.
هەناسەی یەزدان
وەك ڕووباری گۆگردە
گڕی تێبەردەدات.

## قوڕبەسەر ئەوانەی پشت بە میسر دەبەستن

٣١ قوڕبەسەر ئەوانەی دادەبەزن بۆ میسر بۆ یارمەتی،
پشت بە ئەسپ دەبەستن،
متمانە بە زۆری گالیسکە و
هێزی لە ڕادەبەدەری سوارەکانیان دەکەن،
بەڵام پشتیان بە خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل نەبەست و
داوای یەزدانیان نەکرد.
٢ ئەویش هەروەها دانایە و کارەسات دەهێنێت،
لە وشەی خۆی با ناداتەوە.
هەڵدەستێتە سەر ماڵی خراپەکاران و
بۆ سەر یارمەتیدەری ستەمکاران.
٣ بەڵام میسرییەکان مرۆڤن نەك خودا،
ئەسپەکانیان جەستەیین نەك ڕۆح.
کاتێك یەزدان دەستی درێژ دەکات،
یارمەتیدەر ساتمە دەکات و
یارمەتیدراو دەکەوێت،
هەموو پێکەوە لەناودەچن.

٤ ئێستا یەزدان ئەمەم پێ دەفەرموێت:

«وەك شێر و بەچکە شێر دەنەڕێنێت
بەسەر نێچیرەکەیەوە،
ئەوەی کۆمەڵە شوان
هاواری لێ دەکەن،
لە دەنگیان ناترسێت و
لە هاتوهەرایان ناشڵەژێت،
ئاواش یەزدانی سوپاسالار دادەبەزێت
بۆ شەڕکردن لەسەر کێوی سییۆن و لەسەر گردەکانی.
٥ وەك باڵندە فڕیوەکان،
ئاوا یەزدانی سوپاسالار پارێزگاری لە ئۆرشەلیم دەکات،
پارێزگاری دەکات و فریادەکەوێت،
بەسەریدا تێدەپەڕێت[b] و دەربازی دەکات.»

٦ بگەڕێنەوە لای ئەوەی نەوەی ئیسرائیل بە قووڵی
لێی هەڵگەڕانەوە، ٧ چونکە لەو ڕۆژەدا هەرکەسە و
بتە زێڕ و زیوەکانتان ڕەت دەکەنەوە، ئەوەی دەستە
گوناهبارەکانتان دروستی کردن.

٨ «ئاشور دەکەوێت، بەڵام بە شمشێری مرۆڤ نا،
شمشێری ئادەمیزاد نییە کە دەیخوات.
جا لە ڕووی شمشێر هەڵدێت و
گەنجەکانی بۆ بێگاری دەبن.
٩ قەڵاکەیان لە ترسان دەکەوێت،
میرەکانیشی لە ئاڵا دەترسن،»
یەزدان دەفەرموێت،
ئەوەی ئاگری هەیە لە سییۆن و
تەنووری هەیە لە ئۆرشەلیم.

[a] ٣٣ شوێنێك بووە بۆ سووتاندنی قوربانی بتپەرستەکان کە زۆر جار مرۆڤی تێدا کراوەتە قوربانی. بڕوانە دووەم پاشایان ٢٣:١٠.

[b] ٥ بڕوانە دەرچوون ١٢:١٢-١٣.

## شانشینی ڕاستودروستی

٣٢ ئەوەتا پاشایەك بە ڕاستودروستی پاشایەتی
دەكات و
میرانیش بە دادوەری سەرۆكایەتی دەكەن،
٢ مرۆڤ وەك حەشارگەیەك دەبێت لە ڕووی با و
وەك چەتر لە ڕووی لێزمەی باران،
وەك جۆگەی ئاو لە شوێنێكی وشكدا و
وەك سێبەری تاشەبەردێكی گەورە لە خاكی
ماندووبووندا.

٣ چاوی بینەران كز نابێت و
گوێی گوێگرەكان دەبیستێت.
٤ دڵی هەڵەشەكان زانین تێدەگات و
زمانی زمانگرانەكان بە ڕوونی و ڕەوانی
دەدوێن.
٥ ئیتر گێل بانگ ناكرێت، ڕێزدار،
بە فێڵبازیش ناگوترێت، خانەدان،
٦ چونكە گێل بە گێلی دەدوێت و
دڵیشی خراپە دەكات،
بۆ ئەوەی گڵاوی ئەنجام بدات،
لە دژی یەزدان بوختان هەڵدەبەستێت،
بۆ ئەوەی برسی تێر نەبێت و
تینوو لە خواردنەوە بێبەش بێت.
٧ ڕێبازی فێڵبازیش خراپە و
پیلانی بەدكاری دەگێڕێت،
هەتا بە قسەی درۆ كلۆڵان تەفروتونا بكات
ئەگەر قسەی نەدارانیش ڕاست بێت.
٨ بەڵام ڕێزدار بە ڕێزداری پلان دادەنێت و
لەسەر ڕێزیش جێگیر دەبێت.

## ئافرەتانی ئۆرشەلیم

٩ ئەی ئافرەتە لەخۆڕازییەكان،
هەستن گوێ لە دەنگی من بگرن!
ئەی كیژە دڵنیاكان،
گوێ شل بكەن بۆ قسەی من!
١٠ ئەی دڵنیاكان، ڕۆژانێك پتر لە یەك ساڵ
لەرز دەتانگرێت،
چونكە ڕەزچنین بەسەرچوو و
كۆكردنەوە نایەت.
١١ ئەی ئافرەتە لەخۆڕازییەكان، بلەرزن!
ئەی كیژە دڵنیاكان لەرز بتانگرێت!
جلتان دابكەنن و خۆتان ڕووت بكەنەوە،
گوش لە كەمەرتان ببەستن.
١٢ لە سنگی خۆتان بدەن بۆ كێڵگە بەردارەكان،
بۆ ڕەزی بەردار،
١٣ بۆ خاكی گەلەكەم
دڕكوداڵ دەڕوێت،
بەڵێ، بۆ هەموو ماڵە شادەكان،
بۆ شارە گەشاوەكە.
١٤ بێگومان كۆشك چۆڵ دەكرێت،
شاری قەرەباڵغ چۆڵ دەبێت،
قەڵا و قوللەی چاودێری لەگەڵ زەوی تەخت
دەبن بۆ هەتاهەتایە،
دەبن بە سەیرانگای كەرەكێوییەكان، لەوەڕگا بۆ
مێگەلەكان،
١٥ بۆ ئەوەی لە بەرزاییەوە ڕۆحی خودا بەسەرماندا
بڕژێت،
جا چۆڵەوانی دەبێت بە باخ و
باخیش بە دارستان دادەنرێت.
١٦ جا دادپەروەری لە چۆڵەوانی نیشتەجێ دەبێت و
ڕاستودروستیش لەناو باخ دادەنیشێت.
١٧ جا ئەنجامدانی ڕاستودروستی ئاشتی دەبێت و
كاری ڕاستودروستیش ئارامی و ئاسوودەیی
هەتاهەتایی.
١٨ ئینجا گەلی من لە ئاشتی و ئاوەدانی نیشتەجێ
دەبێت و
لە نشینگەی ئاسوودەیی و
شوێنی پشوودانەكانیان بە ئارامی.
١٩ تەرزە دەبارێت و دارستانەكان دەكوتێت،
شارەكە بە تەواوی دەكەوێنێت،
٢٠ بەڵام خۆزگە بە خۆتان
كاتێك تۆو لەدەم هەموو ئاوەكان دەچێنن و

گا و گوێدرێژەکانتان دەلەوەڕن.

## تەنگانە و یارمەتی

٣٣ قوڕبەسەرت تێکدەر،
که خۆت تێکنەدراویت!
قوڕبەسەرت تاڵانکەر،
که تاڵانیان نەکردوویت!
کاتێك لە تێکدان تەواو دەبیت
خۆت تێکدەدرێیت،
کاتێك لە تاڵان بوویتەوە
خۆت تاڵان دەکرێیت.

٢ ئەی یەزدان، لەگەڵماندا میهرەبان بە،
هیوامان بە تۆیە.
هەموو بەیانییەك ببە هێزمان و
هەروەها ڕزگاریمان لە کاتی تەنگانەدا.
٣ لە نەڕەی دەنگت گەلان ڕایانکرد،
که ڕاپەڕیت نەتەوەکان پەرت بوون.
٤ ئەی نەتەوەکان، دەستکەوتەکانتان کۆ دەکرێنەوە
وەك چۆن کوللە لە دەغڵ دەدات،
وەك ڕەوە کوللە خەڵك ڕووتتان دەکەنەوە.

٥ یەزدان پایەبەرزە، چونکە نیشتەجێی بەرزاییە،
سییۆن لە ڕاستودروستی و دادپەروەری پڕ
دەکات.
٦ دەوڵەمەندی ڕزگاری، دانایی و زانین
دەبێتە مایەی دڵنیای کاتەکانت.
لەخواترسی کلیلی ئەو گەنجینەیە.

٧ ئەوەتا دلێرەکانیان لە دەرەوە دەقیژێنن،
نێردراوانی ئاشتی بە تاڵی دەگرین.
٨ ڕێگاکان چۆڵ بوون،
بڕانەوە ڕێبواران.
پەیمان شکا و
شایەتەکانی ڕەتکرانەوە و
کەس بە هیچ دانانرێت.
٩ زەوی شیوەن دەکات و سیس بوو،
لوبنان ڕیسوا بوو، داڕزا،
شارۆن وەك بیابانی عەراڤای[a] لێهات،
باشان و کارمەل ڕووتانەوە.

١٠ یەزدان دەفەرموێت: «ئێستا هەڵدەستم،
ئێستا بە گەورە دەزانرێم،
ئێستا بڵند دەکرێمەوە.
١١ بە گیا دووگیان دەبن و
کاتان دەبێت،
هەناسەتان ئاگرە و خۆتان دەخوات.
١٢ گەلان دەبن بە گەچ،
وەك چقڵی بڕاوە بە ئاگر دەسووتێنرێن.»

١٣ ئەی دوورەکان گوێتان لێ بێت چیم کردووە،
ئەی نزیکەکان هێزم بزانن!
١٤ گوناهباران لە سییۆن تۆقین،
گڵاوەکان لەرز دایگرتن:
«کێ لە ئێمە لەناو ئاگری لووشدەر دەمێنێتەوە؟
کێ لە ئێمە لەناو سووتانی هەمیشەیی
دەمێنێتەوە؟»
١٥ ئەوەی بە ڕاستودروستی هەڵسوکەوت دەکات و
ڕاستی دەڵێت،
ئەوەی قازانجی زۆرداری ڕەت دەکاتەوە و
دەست لە بەرتیل وەرگرتن دەشوات،
ئەوەی لە بیستنی خوێنڕشتن گوێی خۆی کەڕ
دەکات و
لە بینینی خراپە چاوی خۆی دەنوقێنێت،
١٦ ئەو لە بەرزایی نیشتەجێ دەبێت،
قەڵای چیاکان پەناگایەتی،
نانی دەدرێت و
ئاوی مسۆگەرە.

١٧ چاوت پاشا لە جوانی خۆیدا دەبینێت،
سنوورێکی فراوان دەبینن.
١٨ دڵت لە تۆقین ڕادەمێنێت:
«کوا خامەی نهێنی[b] و کوا باجگر؟
کوا بەرپرسی قوللەکان؟»

---

[a] ٩ شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.
[b] ١٨ ڕازپۆش.

١٩ ئیتر گەلی دڕندە نابینن،
گەلێك قسەیان ئاڵۆزە بۆ بیستن،
زمانیان گرانە تێیان ناگەیت.

٢٠ بڕوانە سییۆن شاری جەژنمان،
چاوەکانت ئۆرشەلیم دەبینن،
ماڵێکی ئاسوودە، چادرێك ناگوازرێتەوە.
سنگەکانی هەرگیز هەڵناکەنرێن،
هیچ کام لە گوریسەکانی ناپسێن.
٢١ بێگومان لەوێ یەزدانی توانادار پشتگیرمان
دەبێت.
شوێنی ڕووبارەکان و کەناری جۆگە فراوانەکان
دەبێت.
کەشتی سەوڵدار پێیدا ناڕوات و
کەشتی مەزن پێیدا تێناپەڕێت.
٢٢ چونکە یەزدان دادوەرمانە،
یەزدان فەرزدانەرمانە،
یەزدان پاشامانە،
ئەو ڕزگارمان دەکات.

٢٣ گوریسەکانت شل بوون،
بنکەی دار ئاڵای کەشتییەکەیان توند ناکەن،
چارۆکە بڵاو ناکەنەوە.
ئینجا دەستکەوتی زۆر دابەش کرا،
شەلەکانیش تاڵانییان تاڵان کرد.
٢٤ دانیشتووی سییۆن ناڵێت، «نەخۆش کەوتم،»
ئەو گەلەی تێیدا نیشتەجێیە تاوانەکانی بەخشراو
دەبێت.

## دادوەری لە دژی نەتەوەکان

٣٤ ئەی نەتەوەکان نزیك بنەوە هەتا گوێ
بگرن،
ئەی نەتەوەکان گوێ شل بکەن!
با زەوی و هەرچی تێیدایە گوێ بگرێت،
جیهان و هەموو بەرهەمەکانی،
٢ چونکە تووڕەیی یەزدان لەسەر هەموو
نەتەوەکانە،
هەڵچوونی لەسەر هەموو سوپاکانیانە.
بە تەواوی قڕی کردوون[a]،
بەدەستەوەی داون بۆ سەربڕین.
٣ کوژراوەکانیان فڕێدەدرێن،
تەرمەکانیان بۆنی بۆگەن دەردەکات و
چیاکان لەناو خوێنی ئەوان دەتوێنەوە.
٤ خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەتوێنەوە،
ئاسمان وەك تۆمارێك دەپێچرێتەوە.
هەموو ئەستێرەکان هەڵدەوەرن،
وەك هەڵوەرینی گەڵای مێو،
وەك وەرینی هەنجیر لە دارەکەی.

٥ شمشێری من لە ئاسمان تێر ئاو بووە،
وا دادەبەزێتە سەر ئەدۆم و
بەسەر گەلێك بە نەفرەتم کردووە بۆ حوکم
بەسەردادان.
٦ یەزدان شمشێرێکی هەیە خوێنی لێ دەتکێت،
قەڵەو بووە بە پیو[b]،
بە خوێنی بەرخ و تەگە،
بە پیوی گورچیلەی بەرانەکان،
چونکە یەزدان قوربانی سەربڕاوی هەیە لە بۆزرا
و
سەربڕینێکی گەورەی هەیە لە خاکی ئەدۆم.
٧ گای کێوی لەگەڵیان دەکەون،
گوێرەکەکان لەگەڵ کەڵەگاکان،
زەوییان بە خوێن ئاو دەدرێت،
خۆڵیان بە پیو قەڵەو دەبێت.

٨ چونکە یەزدان ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەی هەیە،
ساڵی سزادان لەبەر کێشەکەی سییۆن.
٩ جا ڕووبارەکانی ئەدۆم دەبن بە قیر و
خۆڵەکەی بە گۆگرد،
زەوییەکەی دەبێت بە قیری داگیرساو!

[a] ٢ قڕی کردوون: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.
[b] ٦ پیو: واتە بەز، لێرە و لە ئایەتی ٧.

١٠ شەو و ڕۆژ ناکوژێتەوە،
دووکەڵی بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە.
نەوە دوای نەوە کاول دەبێت،
بۆ هەتاهەتایە کەس پێیدا تێناپەڕێت.
١١ کوندەپەپووی بیابان و بایەقووش داگیری دەکەن،
کوندەپەپووی گەورە و قەلەڕەش تێیدا
نیشتەجێ دەبن.
بەسەر ئەدۆمدا خودا گوریسی پێوانە بۆ خاپوور
بوون و
شاوولی چۆڵبوون درێژ دەکات.
١٢ خانەدانەکانی هیچیان لەوێ نابێت کە بە
شانشینێك دادەنرێن،
هەموو میرەکانی لەناودەچن.
١٣ دڕك لە کۆشکەکانی شین دەبێت،
چقڵ و وشترالووك لە قەڵاکانی.
دەبێت بە مۆڵگای چەقەڵ و
لانەی کوندەپەپوو.
١٤ دڕندە بیابانییەکان و کەمتیار پێکدەگەن،
تەگە[a] بانگی هاوەڵەکانیان دەکەن،
شەو لەوێ ئارام دەگرێت و
جێی حەوانەوە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.
١٥ لەوێ کوندەپەپوو هێلانە دەکات و هێلکە
دەکات،
کڕ دەکەوێت و لەژێر سێبەری باڵەکانی
هەڵیدەهێنێت.
لەوێ شاهین و شمقاڕ کۆدەبنەوە،
هەریەکە و لەگەڵ تاکەکەی.

١٦ تۆمارەکەی یەزدان بپشکنن و بخوێننەوە:

یەکێك لەمانە کەم نابێتەوە،
هیچ مێینەیەك نێرەکەی خۆی ون ناکات،
چونکە دەمی ئەو فەرمانی داوە،
ڕۆحی ئەو کۆیان دەکاتەوە.
١٧ ئەو تیروپشکی بۆ کرد،
دەستی ئەو بە پەت بۆی بەش کرد.
بۆ هەتاهەتایە داگیری دەکەن،
نەوە دوای نەوە تێیدا نیشتەجێ دەبن.

## خۆشحاڵی ئەوانەی یەزدان کڕیونیەتیەوە

٣٥ چۆڵەوانی و خاکی وشك شادمان دەبن،
بیابان دەگەشێتەوە و چرۆ دەکات،
وەك گوڵاڵە سوورە، ٢ بە تەواوی چرۆ دەکات و
تەواو دەگەشێتەوە و هاواری خۆشی دەکات!
شکۆی لوبنانی پێدەدرێت،
شەوکەتی کارمەل و شارۆن،
ئەوان شکۆی یەزدان و
شەوکەتی خودامان دەبینن.

٣ دەستە شلەکان توند بکەن و
ئەژنۆ لەرزۆکەکان بچەسپێنن.
٤ بەوانە بڵێن کە دڵەکوتێیانە:
«خۆتان توند بکەن، مەترسن!
ئەوەتا خوداتان،
بە تۆڵەسەندنەوە دێت،
سزای خوداتان.
ئەو دێت و ڕزگارتان دەکات.»

٥ ئەوسا چاوی کوێر دەبینێت و
گوێی کەڕ دەکرێتەوە.
٦ ئەوسا شەل وەك ئاسك باز دەدات و
زمانی لاڵ هاواری خۆشی دەکات،
چونکە لە چۆڵەوانی ئاو تەقییەوە و
ڕووباریش لە بیابان.
٧ سەراب دەبێتە گۆم و
خاکی تینوو بە کانیاو.
لە لانەی چەقەڵەکان لە مۆڵگەکەیان
قامیش و زەلی لێ سەوز دەبێت.

٨ لەوێ ڕێڕەوێك و ڕێگایەك دەبێت،
ڕێگای پیرۆزی پێ دەگوترێت.
گڵاو پێیدا تێناپەڕێت،
بەڵکو بۆ ئەوانەیە
کە بە چاکە پێیدا دەڕۆن،

[a] ١٤ نێری، سابرێن.

گێلەکان پێدا ناڕۆن.
٩ شێر لەوێ نابێت،
جانەوەری دڕندە بۆ ئەوێ سەرناکەوێت،
لەوێ بەرچاو ناکەون.
بەڵکو ئەوانەی کڕاونەتەوە پێیدا دەڕۆن،
١٠ ئەوانەی یەزدان کڕیونیەتیەوە دەگەڕێنەوە.
بە هاواری خۆشی بۆ سییۆن دێن و
شادی هەتاهەتایی بەسەر سەریانەوە.
شادی و خۆشی پێیان دەگات و
ناخۆشی و ئاخ هەڵکێشان هەڵدێن.

## سەنحێریب هەڕەشە لە ئۆرشەلیم دەکات

٣٦ لە ساڵی چواردەیەمی حەزقیا پاشا،
سەنحێریبی پاشای ئاشور هێرشی کردە
سەر هەموو شارە قەڵابەندەکانی یەهودا و داگیری
کردن. ٢ئیتر پاشای ئاشور لە لاخیشەوە فەرماندەی
ناوچەکەی بە سوپایەکی گەورەوە بۆ حەزقیای
پاشا نارد لە ئۆرشەلیم. کاتێک لەلای ئاوباری
گۆمەکەی سەرەوە ڕاوەستا کە لەسەر ڕێگای
شوێنی جلشۆرینەکەیە، ٣ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیا
سەرپەرشتیاری کۆشک و شەڤنای خامەی نهێنی[a] و
یۆئاحی تۆمارکار کوڕی ئاساف چوونە دەرەوە بۆ
لای.
٤فەرماندەی ناوچەکە پێی گوتن: «بە حەزقیا بڵێن:

«"پاشای گەورە، پاشای ئاشور دەڵێت: تۆ
پشتت بە چی بەستووە؟ ٥تۆ دەڵێیت کە پلان
و هێزت هەیە بۆ جەنگ، بەڵام ئەوە قسەی
پووچە. ئێستاش پشتت بە کێ بەستووە تاکو
لێم یاخی بیت؟ ٦وا پشتت بە پاڵپشتی ئەو
قامیشە شکاوەی میسر بەستووە، ئەوەی
کە هەرکەسێک خۆی بەسەردا بچەمێنێتەوە
لەپی دەستی بریندار دەبێت و کونی دەکات!
فیرعەونی پاشای میسر ئاوایە بۆ هەموو
ئەوانەی پشتی پێ دەبەستن. ٧ئەگەر پێشم
بڵێیت: 'پشتمان بە یەزدانی پەروەردگارمان
بەستووە.' ئایا ئەوە ئەو نەبوو کە حەزقیا
نزرگەکانی سەر بەرزایی و قوربانگاکانی تێکدا
و بە یەهودا و ئۆرشەلیمی گوت: 'لەبەردەم
ئەم قوربانگایە کڕنۆش دەبەن'؟
٨«"ئێستاش گرەو لەگەڵ پاشای ئاشوری
گەورەم بکە، من دوو هەزار ئەسپت
دەدەمێ، ئەگەر تۆ بتوانیت بۆ خۆت سوار
لەسەریان دابنێیت! ٩ئیتر چۆن دەتوانیت
تاکە ئەفسەرێك لە خزمەتکارە بچووکەکانی
گەورەکەم بگەڕێنیتەوە، تەنانەت ئەگەر
پشت بە میسریش ببەستیت بۆ گالیسکە و
سوار؟ ١٠ئێستاش ئایا من بەبێ یەزدان هێرشم
کردووەتە سەر ئەم خاکە هەتا وێرانی بکەم؟
یەزدان پێی فەرمووم: بەسەر ئەو خاکەدا بدە
و وێرانی بکە."»

١١ئینجا ئەلیاقیم و شەڤنا و یۆئاح بە فەرماندەی
ناوچەکەیان گوت: «تکایە لەگەڵ خزمەتکارەکانت بە
زمانی ئارامی قسە بکە، چونکە لێی تێدەگەین، بە
عیبری قسەمان لەگەڵ مەکە لەبەرچاوی خەڵکەکەی
سەر شووراکە.»
١٢فەرماندەکەش گوتی: «ئایا گەورەم تەنها بۆ لای
گەورەکەت و تۆی ناردووین هەتا ئەم قسانە بکەین؟
ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر شووراکەی نەناردووین،
بۆ ئەوەی پیسایی خۆیان بخۆن و میزی خۆیان
بخۆنەوە لەگەڵتان؟»
١٣ئینجا فەرماندەکە وەستا و بە دەنگێکی بەرز بە
زمانی عیبری هاواری کرد و گوتی: «گوێ لە قسەی
پاشای گەورە بگرن، پاشای ئاشور! ١٤پاشا ئاوا دەڵێت:
مەهێڵن حەزقیا فریوتان بدات، چونکە ناتوانێت
ڕزگارتان بکات. ١٥مەهێڵن حەزقیا واتان لێ بکات
پشت بە یەزدان ببەستن و بڵێت: "بێگومان یەزدان
فریامان دەکەوێت و ئەم شارە ناداتە دەست پاشای
ئاشور."
١٦«گوێ لە حەزقیا مەگرن، چونکە پاشای ئاشور
دەڵێت، ڕازی بن بە ملکەچبوون بۆ من، وەرنە

[a] ٣ ڕازپۆش.

دەرەوە بۆ لام، با هەرکەسە لە مێوەکەی خۆی و لە دار هەنجیرەکەی خۆی بخوات و ئاو لە ئەمباراوەکەی خۆی بخواتەوە. ١٧هەتا ئەو کاتەی دێم و دەتانبەمە خاکێکی وەك خاکەکەی خۆتان، خاکی دانەوێڵە و شەرابی نوێ، خاکی نان و ڕەزەمێو.

١٨«با حەزقیا فریوتان نەدات کە دەڵێت: ”یەزدان ڕزگارمان دەکات.“ ئایا خوداوەندی هیچ نەتەوەیەك توانی خاکەکەی خۆی لە دەست پاشای ئاشور ڕزگار بکات؟ ١٩کوان خوداوەندەکانی حەمات و ئەرپاد؟ کوان خوداوەندەکانی سەفەرڤەیم؟ ئایا فریای سامیرە کەوتن لە دەستم؟ ٢٠کام لە هەموو خوداوەندەکانی ئەو خاکانە توانی خاکەکەی خۆی لە دەستی من ڕزگار بکات؟ ئیتر چۆن یەزدان فریای ئۆرشەلیم دەکەوێت لە دەستی من؟»

٢١بەڵام گەل بێدەنگ بوون و بە یەك وشەش وەڵامیان نەدایەوە، چونکە پاشا فەرمانی کردبوو: «وەڵامی نەدەنەوە.»

٢٢ئینجا ئەلیاقیمی کوڕی حیلقیای سەرپەرشتیاری کۆشك و شەڤنای خامەی نهێنی و یۆئاحی کوڕی ئاسافی تۆمارکار هاتنە لای حەزقیا و جلەکانیان دادڕی بوو، قسەکانی فەرماندەی ناوچەکەیان پێی ڕاگەیاند.

## پێشبینی ڕزگاربوونی ئۆرشەلیم

٣٧ کاتێك حەزقیای پاشا گوێی لەمە بوو، جلەکانی لەبەر خۆیدا دادڕی و بەرگی لە گوش دروستکراوی پۆشی و چووە ناو پەرستگای یەزدان ٢ئینجا ئەلیاقیمی سەرپەرشتیاری کۆشك و شەڤنای خامەی نهێنی و کاهینانی باڵا کە هەموویان جلوبەرگی گوشیان پۆشیبوو ناردیانە لای ئیشایا پێغەمبەری کوڕی ئامۆچ، ٣پێیان گوت: «حەزقیا وا دەڵێت، ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانە و سەرزەنشت و سووکایەتییە، وەك کاتێك کە کۆرپە لە سکی دایکیدا ئامادەیە بێتە دەرەوە، بەڵام دایکەکەی هێزی پاڵدانی نییە بۆ ئەوەی منداڵەکەی ببێت. ٤بەڵکو یەزدانی پەروەردگارت گوێی لە قسەکانی فەرماندەی ناوچەکە بێت، کە گەورەکەی، پاشای ئاشور ناردی، هەتا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات، با یەزدانی پەروەردگارت سەرزەنشتی بکات لەسەر ئەو قسانەی یەزدانی خودات گوێی لێبوو. ئیتر نوێژ بکە لە پێناوی ئەوانەی ماونەتەوە.»

٥کاتێك خزمەتکارەکانی حەزقیای پاشا هاتنە لای ئیشایا، ٦ئیشایاش پێی گوتن: «بە گەورەکەتان بڵێن: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: لەو قسانە مەترسە کە گوێت لێیان بوو، کە خزمەتکارەکانی پاشای ئاشور کفریان بەرامبەر بە من کرد. ٧گوێ بگرە! من وای لێ دەکەم هەواڵێك ببیستێت و بگەڕێتەوە خاکەکەی خۆی، لەوێش بە شمشێر لەناوی دەبەم.“»

٨کاتێك فەرماندەی ناوچەکە بیستییەوە کە پاشای ئاشور لاخیشی بەجێهێشتووە، کشایەوە، بینی پاشای ئاشور لە دژی لیڤنا دەجەنگێت.

٩سەنحێریب دەربارەی تیرهاقای پاشای کوش هەواڵی پێگەیشت کە لە میسرەوە لە دژی ئەو سوپای جوڵاندووە. گەڕایەوە و نێردراوی بۆ لای حەزقیا نارد، گوتی: ١٠«بە حەزقیای پاشای یەهودا بڵێن: ڕێگا مەدە خوداوەندەکەت ئەوەی کە پشتت پێی بەستووە فریوت بدات بەوەی کە دەڵێت: ”ئۆرشەلیم ناکەوێتە دەست پاشای ئاشور.“ ١١بە دڵنیاییەوە تۆ خۆت بیستووتە کە پاشاکانی ئاشور چییان بە هەموو خاکەکان کردووە، بە تەواوی لەناویانبردوون. ئایا تۆ دەرباز دەبیت؟ ١٢ئایا خوداوەندەکانی ئەو نەتەوانە فریای ئەوان کەوتن، ئەو نەتەوانەی باوباپیرانم لەناویانبردن، خوداوەندەکانی گۆزان و حەڕان و ڕەچەف و نەوەی عەدەن ئەوەی لە تێلئەسار بوو؟ ١٣کوان پاشای حەمات و پاشای ئەرپاد و پاشای شارەکانی سەفەرڤەیم، هێنەع و عیڤا؟»

## نوێژی حەزقیا

١٤حەزقیا نامەکەی لە دەستی نێردراوەکان وەرگرت و خوێندییەوە. ئینجا سەرکەوت بۆ پەرستگای یەزدان، لەبەردەم یەزدان ڕایخست. ١٥حەزقیا نوێژی بۆ یەزدان کرد و گوتی: ١٦«ئەی یەزدانی سوپاسالار،

خودای ئیسرائیل، تۆ لەسەر تەخت لەنێوان
کەڕوبەکان دانیشتوویت[a]، تۆ بە تەنها خودای
هەموو شانشینەکانی زەویت، تۆ ئاسمان و زەویت
دروستکرد. ١٧ ئەی یەزدان، گوێ شل بکە و ببیستە!
ئەی یەزدان، چاوەکانت بکەرەوە و ببینە، گوێ لە
تەواوی پەیامەکەی سەنحێریب بگرە کە ناردوونی،
هەتا سووکایەتی بە خودای زیندوو بکات.
١٨ «ڕاستە ئەی یەزدان، پاشاکانی ئاشور هەموو
ئەو نەتەوانە و خاکەکانیان وێران کردووە.
١٩ خوداوەندەکانیشیان لێ فڕێدانە ناو ئاگرەوە و
لەناویانبردن، چونکە ئەوانە خودا نەبوون، بەڵکو
تەنها دار و بەرد و دەستکردی مرۆڤ بوون.
٢٠ ئێستاش ئەی یەزدانی پەروەردگارمان، لە دەستی
ئەو ڕزگارمان بکە، تاکو هەموو شانشینەکانی زەوی
بزانن کە بە تەنها تۆ، ئەی یەزدان، خودایت.»

## ڕووخاندنی پاشایەتی سەنحێریب

٢١ ئینجا ئیشایای کوڕی ئامۆچ ناردی بۆ لای
حەزقیا و گوتی: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل
دەفەرموێت: چونکە نوێژت بۆ کردم سەبارەت بە
سەنحێریبی پاشای ئاشور، ٢٢ ئەمە ئەو فەرمایشتەیە
کە یەزدان لەسەر ئەو فەرموویەتی:

«سییۆنی کچە[b] پاکیزە[c]،
بێزت لێ دەکاتەوە و گاڵتەت پێ دەکات.
ئۆرشەلیمی کچ،
کە تۆ هەڵدێیت پێت پێدەکەنێت.
٢٣ سووکایەتی و کفرت بە کێ کرد؟
دەنگت بەسەر کێدا بەرز کردەوە و
چاوەکانت بە فیزەوە [d] هەڵدەبڕیت؟
لەسەر خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل!
٢٤ لەسەر دەستی خزمەتکارەکانت
سووکایەتیت بە پەروەردگار کرد.
هەروەها دەڵێیت:
”بە زۆری گالیسکەکانمەوە
من سەرکەوتمە سەر بەرزایی چیاکان،
هەتا ئەوپەڕی لوبنان.
بەرزترین دار ئورز و
باشترین دار سنەوبەرم بڕییەوە.
چوومە ناو دوورترین بەرزاییەکانی،
ناو چڕی دارستانەکانی.
٢٥ من لە خاکی بێگانەکان چەندین بیرم لێدا و
ئاوم لێیان خواردەوە.
هەموو لقەکانی نیلم،
بە بنی پێیەکانم کوێر کردەوە.“

٢٦ «ئەی گوێت لێ نەبووە؟
من لەمێژە دیاریم کردووە،
لە ڕۆژگاری کۆنەوە نەخشەم کێشاوە،
ئێستاش دەیهێنمە دی،
کە تۆ بێیت شارە قەڵابەندەکان بڕووخێنیت،
هەتا ببنە وێرانەیەك لە کەڵەکە بەرد.
٢٧ دانیشتووانەکانیان بێ دەسەڵاتن،
ڕەنگ زەرد و شەرمەزار بوون،
بوونە گیای کێڵگە،
ڕووەکی سەوز،
گژوگیای سەربان،
هەڵبزڕکاو بەر لەوەی گەشە بکات.

٢٨ «بەڵام من هەستان و دانیشتنت و
کاتی هاتوچۆکەت دەزانم،
هەروەها هەڵچوونت لە دژی من.
٢٩ لەبەر ئەوەی هەڵچوونت لێم و خۆبەزلزانیت
گەیشتنە گوێم،
قولاپەکەم دەخەمە لووتت و
لغاوەکەم لە لێوەکانت و
بەو ڕێگایەدا دەتنێرمەوە

[a] ١٦ لەنێوان کەڕوبەکان: جووتێك پەیکەری بوونەوەری ئاسمانی باڵدارە، لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤدایە، بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ٢٥:٢٢ و عیبرانییەکان ٩:٥.
[b] ٢٢ کچی شاری پایتەخت واتە هەموو گەلی ئەو وڵاتە.
[c] ٢٢ پاکیزە: مەبەست لە وڵاتێکە کە داگیر نەکراوە.
[d] ٢٣ عیبری: بۆ باڵا.

که لێوەی هاتوویت.

[٣٠] «ئەی حەزقیا، ئەمەش نیشانەیە بۆ تۆ:

«ئەم ساڵ دەغڵی خۆڕسك دەخۆن،
ساڵی دووەم ئەوەی لەوەوە بەردەگرێت،
بەڵام لە ساڵی سێیەم دەکێڵن و دەدورنەوە و
مێو دەچێنن و لە بەرەکەی دەخۆن.
[٣١] ئەوانەی لە بنەماڵەی یەهودا دەرباز بوون و
ماونەتەوە،
جارێکی دیکە لە ژێرەوە ڕەگ دادەکوتن و لە
سەرەوەش بەر دەگرن.
[٣٢] چونکە ئەوانەی ماونەتەوە لە ئۆرشەلیمەوە دێنە
دەرەوە و
دەربازبووانیش لە کێوی سییۆنەوە،
دڵگەرمی یەزدانی سوپاسالار
ئەمە دەکات.

[٣٣] «لەبەر ئەوە یەزدان لەبارەی پاشای ئاشورەوە
ئەمە دەفەرموێت:

«نایەتە ناو ئەم شارەوە و
تیرێکیش بۆ ئەوێ ناهاوێژێت.
بە قەڵغانیشەوە لێی نایەتە پێشەوە و
سەنگەریشی لێ ناگرێت.
[٣٤] نایەتە ناو ئەم شارەوە،
بەو ڕێگایەدا دەگەڕێتەوە کە پێیدا هاتووە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[٣٥] «بەرگری لەم شارە دەکەم و دەیپارێزم،
لە پێناوی خۆم و لە پێناوی داودی بەندەم.»

[٣٦] ئیتر فریشتەی یەزدان هات و سەد و هەشتا و
پێنج هەزار کەسی لەناو ئۆردوگای ئاشور کوشت،
بەیانی زوو کە هەستان بینییان هەموویان لاشەی
مردوون. [٣٧] ئینجا سەنحێریبی پاشای ئاشور دەستی
کێشایەوە و ڕۆیشت، گەڕایەوە و لە نەینەوا مایەوە.
[٣٨] لەدوای ئەوە، کاتێك سەنحێریب لە پەرستگای
نیسرۆخی خوداوەندی کڕنۆشی بردبوو، هەردوو
کوڕەکەی، ئەدرەمەلەك و سەرئەچەر، بە
شمشێر لێیاندا و ڕایانکرد بۆ خاکی ئاراڕات. ئیتر
ئێسەرحەدۆنی کوڕی لەدوای خۆی بوو بە پاشا.

## نەخۆشی حەزقیا

٣٨ لەو ڕۆژانەی[a] حەزقیا نەخۆش کەوت، لە
سەرە مەرگ بوو، ئیشایا پێغەمبەر کوڕی
ئامۆچ هات بۆ لای و پێی گوت: «یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: وەسیەت بۆ ماڵەکەت بکە، چونکە
دەمریت و ناژیت.»
[٢] حەزقیا ڕووی لە دیوارەکە کرد و نوێژی بۆ
یەزدان کرد، [٣] گوتی: «ئای یەزدان، ئەوەت لەیاد بێت
کە چۆن بە دڵسۆزی و پڕ بە دڵ دۆستایەتیم کردیت،
ئەوەی پێت باش بوو کردم.» ئینجا حەزقیا بەکوڵ
گریا.
[٤] جا ئیشایا فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، فەرمووی:
[٥] «بڕۆ و بە حەزقیا بڵێ: ”یەزدان، پەروەردگاری
داودی باپیرە گەورەت ئەمە دەفەرموێت: گوێم
لە پاڕانەوەکەت بوو و فرمێسکەکانتم بینی، پازدە
ساڵ لە تەمەنت زیاد دەکەم و [٦] فریای خۆت و ئەم
شارەش دەکەوم، بەرگری لەم شارە دەکەم لە دەستی
پاشای ئاشور.
[٧] «”ئەمەش نیشانە بێت بۆت لەلایەن یەزدانەوە،
کە یەزدان ئەم کارە دەکات کە بەڵێنی دا: [٨] ئەوەتا
سێبەر دەگەڕێنمەوە بەو پلانەی پێی هاتووەتە
خوارەوە، بە پلەکانی ئاحاز بە خۆر، دە پلە بەرەو
دواوە.“» جا خۆر دە پلە گەڕایەوە بەو پلانەی پێی
هاتبووە خوار.
[٩] نووسراوی حەزقیای پاشای یەهودا، دوای ئەوەی
نەخۆش کەوت و لە نەخۆشییەکەی چاك بووەوە:

[١٠] گوتم: «ئایا لە هەڕەتی گەنجیمدا
من دەچم بۆ جیهانی مردووان
چونکە یەزدان لە پاشماوەی ژیانم بێبەشی
کردووم؟»
[١١] گوتم: «یەزدان نابینم

[a] ١ مەبەست لەو ڕۆژانەیە پێش ڕووداوەکانی بەشی ٣٦.

لە خاکی زیندوواندا،
لەمەودوا چیتر سەیری ئادەمیزاد ناکەم
لەسەر ڕووی زەوی.
١٢ خانووم هەڵتەکا و لەلام ڕۆیشت
وەك خێوەتی شوانان،
وەکو جۆڵا ژیانی خۆمم پێچایەوە و
لە تەونەکەمدا بڕیمەوە.
شەو و ڕۆژ تۆ لەناوم دەبەیت،
١٣ هەتا بەیانی هاوار دەکەم،
وەك شێر ئێسکم ورد بکات،
شەو و ڕۆژ تۆ لەناوم دەبەیت.
١٤ وەك پەڕەسێلکە و ڕیشۆڵە جیکە جیك دەکەم،
وەکو کۆتر دەگمێنم،
چاوم شل بوو هێندە لە ئاسمان بڕوانم.
وەڕس بووم، ئەی پەروەردگار، بە هانام وەرە!»

١٥ ئیتر چی بڵێم؟
ئەو پێی فەرمووم و ئەو خۆی کردی.
بە بێفیزی بە هەموو ساڵانمدا دەڕۆم
لەبەر تاڵاوی گیانم.
١٦ ئەی پەروەردگار، مرۆڤ لەسەر ئەمانە دەژین،
ژیانی ڕۆحیم لە هەموو ئەمانەدایە.
تۆ منت چاککردەوە و
ژیانت پێ بەخشیم.
١٧ بێگومان سوودی بۆ من هەبوو کە
تاڵی لەسەر تاڵیم چێشت.
لە خۆشەویستیدا تۆ گیانی منت
لە تەڵەی لەناوچوون ڕزگار کرد،
چونکە هەموو گوناهەکانی منت
فڕێدایە پشت خۆتەوە.
١٨ چونکە جیهانی مردووان سوپاست ناکات و
مردووانیش ستایشت ناکەن،
هەروەها ئەوانەی لە گۆڕ دەنرێن
هیوایان بە دڵسۆزی تۆ نییە.
١٩ زیندووان، تەنها زیندووان سوپاست دەکەن،
باوکان دڵسۆزی تۆ
بە منداڵەکانیان دەناسێنن.
٢٠ یەزدان ڕزگارم دەکات،
هەموو ڕۆژانی ژیانمان
مۆسیقا دەژەنین
لە پەرستگای یەزدان.

٢١ ئینجا ئیشایا گوتی: «با هەویری هەنجیر هەڵبگرن و بیخەنە سەر دوومەڵەکە، چاك دەبێتەوە.»
٢٢ حەزقیاش گوتبووی: «نیشانە چییە، کە دەچمە پەرستگای یەزدان؟»

## نێردراوانی بابل

٣٩ لەو کاتەدا مەرۆدەخ بەلەدانی کوڕی بەلەدانی پاشای بابل نامە و دیاری بۆ حەزقیا نارد، چونکە بیستی کە نەخۆش کەوتووە و
چاك بووەتەوە. ٢ جا حەزقیا دڵخۆش بوو بە هاتنیان و
هەموو ماڵ و سامانەکەی پیشان دان، لە زێڕ و زیو و بۆن و زەیتی چاك و جبەخانەکەی و ئەو شتانەی کە لە گەنجینەکانی بوون. هیچ شتێك لە کۆشکەکەی و لە شانشینەکەی نەمایەوە کە حەزقیا پیشانیان نەدات.
٣ ئینجا ئیشایا پێغەمبەر هاتە لای حەزقیای پاشا و لێی پرسی: «ئەو پیاوانە چییان گوت و لەکوێوە هاتوونەتە لات؟»
حەزقیاش وەڵامی دایەوە: «لە خاکێکی دوورەوە، لە بابلەوە هاتوون.»
٤ ئیشایا لێی پرسی: «چییان لە کۆشکەکەت بینی؟»
حەزقیاش وەڵامی دایەوە: «هەموو شتەکانی ناو کۆشکەکەمیان بینی، لە گەنجینەکانم هیچ نەمایەوە کە پیشانیان نەدەم.»
٥ ئینجا ئیشایا بە حەزقیای گوت: «گوێ لە پەیامی
یەزدانی سوپاسالار بگرە، ٦ یەزدان دەفەرموێت:
بێگومان سەردەمێك دێت هەموو ئەوەی لە کۆشکەکەتدایە و هەموو ئەوەی باوباپیرانت هەتا ئەمڕۆ پاشەکەوتیان کردووە بۆ بابل بار دەکرێن،
هیچ شتێك بەجێناهێڵدرێت. ٧ لە نەوەکانیشت،
ئەوانەی لە تۆ دەبن، ئەوانەی بۆت لەدایك دەبن،

لێیان دەبردرێت و لە کۆشکی پاشای بابل دەبنە
کاربەدەستی خەسێنراو.»
٨ حەزقیا وەڵامی ئیشایای دایەوە و گوتی: «ئەو
پەیامەی یەزدان کە بە منت دا، پەیامێکی باشە.»
چونکە لەبیری خۆیدا گوتی[a]: «واتە ئاشتی و
ئاسوودەیی لە ماوەی پاشایەتی خۆمدا دەبێت.»

## حەسانەوە بۆ گەلی خودا

٤٠ دڵنەوایی گەلەکەم بکەن، دڵنەواییان
بکەن،
خوداتان دەفەرموێت،
٢ بە دڵنەرمی لەگەڵ ئۆرشەلیم بدوێن،
پێی ڕابگەیەنن
کە ڕەنجکێشانەکەی تەواو بووە،
کە تاوانەکەی بەخشراوە،
چونکە بە دەستی یەزدان
لەسەر گوناهەکانی دووقاتی وەرگرتەوە.

٣ کەسێك هاوار دەکات و دەڵێت:
«لە چۆڵەوانی ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە
بکەن،
لە بیابان شاڕێگا بۆ خودامان ڕێکبخەن.
٤ هەموو دۆڵێك هەڵدەچێت و
هەموو چیا و گردێك ڕۆدەچێت.
خوار ڕاست دەبێتەوە،
هەورازیش دەبێت بە دەشت،
٥ شکۆمەندی یەزدان دەردەکەوێت و
هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە دەیبینن،
چونکە دەمی یەزدان فەرمووی.»

٦ دەنگێك دەڵێت: «بانگەواز بکە!»
منیش گوتم: «بانگەوازی چی بکەم؟»

«هەموو مرۆڤێك وەك گژوگیا وایە و
هەموو دڵسۆزییەکەی وەك گوڵی کێوی وایە.
٧ گژوگیا وشك دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ،
چونکە هەناسەی یەزدان هەڵیکردە سەری،
بێگومان گەل وەکو گژوگیان.
٨ گژوگیا وشك دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ،
بەڵام پەیامی خودامان بۆ هەتاهەتایە چەسپاو
دەبێت.»

٩ ئەی مزگێنیدەر بۆ سییۆن،
بڕۆ سەر کێوێکی بەرز،
بە هێزەوە دەنگت بەرز بکەرەوە،
بەرزی بکەرەوە، مەترسە.
ئەی مزگێنیدەر بۆ ئۆرشەلیم،
بە شارۆچکەکانی یەهودا بڵێ:
«ئەوەتا خوداتان!»
١٠ ئەوەتا یەزدانی باڵادەست بە هێزەوە دێت،
بە بازووی فەرمانڕەوایەتی بۆ دەکات.
ئەوەتا پاداشتەکەی لەگەڵیدایە و
خەڵاتەکەی لەبەردەمی.
١١ وەك شوان مێگەلەکەی دەلەوەڕێنێت:
بە بازووی خۆی بەرخەکان کۆدەکاتەوە و
بە باوەش هەڵیاندەگرێت،
بە نەرمی شیردەرەکان بە پێش خۆی دەدات.

١٢ کێ بە چنگ ئاوی پێواوە و
بە بست ئاسمان؟
کێ خۆڵی زەوی بە قزناغ پێواوە؟
کێ چیاکانی بە قەپان کێشاوە و
گردەکانیش بە تەرازوو؟
١٣ کێ لەبیری یەزدان تێگەیشتووە
یاخود وەك ڕاوێژکار فێری کردووە؟
١٤ یەزدان ڕاوێژی بە کێ کرد و تێیگەیاند،
ڕێگای دادپەروەری فێرکرد؟
کێ زانینی فێرکرد و
ڕێگای تێگەیشتنی پێ ناساند؟

١٥ ئەوەتا نەتەوەکان وەك دڵۆپێك ئاوی ناو سەتڵ و
بە تۆزی تەرازوو دادەنرێن.
ئەوەتا دوورگەکان وەك پووش هەڵدەگرێت.
١٦ داری لوبنان بەس نییە بۆ سووتەمەنی قوربانگا و
ئاژەڵەکانی بەس نین بۆ قوربانی سووتاندن.

[a] ٨ بڕوانە دووەم پاشایان ٢٠:١٩.

[١٧] هەموو نەتەوەکان وەك هیچن لەبەردەمی،
لەلای ئەو بە نەبوو و پووچ دادەنرێن.
[١٨] جا خودا بە چی هاوشێوە دەکەن،
چ وێنەیەك بەو یەکسان دەکەن؟
[١٩] پەیکەرێك کە وەستا دایدەڕێژێت،
زێڕنگەریش بە زێڕ ڕووکەشی دەکات،
زنجیری زیویش زیوگەر.
[٢٠] دەستکورتیش بۆ پێشکەشکردنی پیتاك
دارێکی ساغ هەڵدەبژێرێت کە نەڕزیبێت.
داوای وەستایەکی شارەزا دەکات
بۆ ئەوەی پەیکەرێکی نەلەقیوی بۆ دابنێت.
[٢١] ئایا نازانن؟
ئایا نابیستن؟
ئەی لە سەرەتاوە پێتان ڕانەگەیەنراوە؟
ئایا لەو کاتەوەی زەوی بەدیهێنراوە
تێنەگەیشتوون کە
[٢٢] ئەو لەسەر ئاسۆی زەوی دادەنیشێت و
دانیشتووانەکەی وەك پێکوڕە وان؟
ئەو ئاسمان وەك پەڵاس بڵاو دەکاتەوە،
وەك ڕەشماڵ هەڵیدەدات بۆ نیشتەجێبوون.
[٢٣] ئەو مەزنەکان وەك نەبوو لێدەکات و
حوکمڕانانی جیهان دەکات بە هیچ.
[٢٤] هەر ئەوەندەی نێژران، چێنران و
قەدیان لە زەوی ڕەگی داکوتا،
فووی لێکردن و وشك هەڵگەڕان،
ڕەشەبا وەك پووش هەڵیاندەگرێت.
[٢٥] خودای پیرۆز دەفەرموێت: «لەگەڵ کێ
هاوشێوەم دەکەن؟
من هاوتای کێم؟
[٢٦] چاوتان بۆ بەرزی هەڵبڕن و
ببینن کێ ئەمەی بەدی هێناوە،
کێ ئەستێرەکانی بە ژمارە دەردەهێنێت و
ناو لە هەموویان دەنێت؟
لەبەر زۆری هێز و توندی توانای
هیچ کامیان ون نابێت.
[٢٧] «ئەی یاقوب، بۆ دەڵێیت،
ئەی ئیسرائیل، بۆ سکاڵا دەکەیت:
"ڕێگای من لە یەزدان شاردرایەوە،
دادی من لە خودام تێپەڕی"؟
[٢٨] ئایا نەتزانی،
یان نەتبیست؟
یەزدان خودای هەتاهەتاییە،
بەدیهێنەری ئەمسەر و ئەوسەری زەوی.
نە ماندوو و نە شەکەت دەبێت،
کەس پەی بە تێگەیشتنی ئەو نابات.
[٢٩] توانا بە ماندوو دەدات و
بۆ داهێزراویش هێز زۆر دەکات.
[٣٠] گەنجەکان ماندوو و شەکەت دەبن،
لاوەکان پێیان هەڵدەکەوێت و دەکەون،
[٣١] بەڵام ئەوانەی چاوەڕوانی یەزدانن،
هێزیان نوێ دەبێتەوە،
وەك هەڵۆ لە شەقەی باڵ دەدەن،
ڕادەکەن و شەکەت نابن،
دەڕۆن و ماندوو نابن.

## یارمەتیدەری ئیسرائیل

٤١ «ئەی خەڵکی دوورگەکان لەبەردەمم
بێدەنگ بن!
با نەتەوەکان هێزیان نوێ بکەنەوە!
با نزیك بنەوە ئینجا قسە بکەن،
با پێکەوە بچینە دادگاییکردن.
[٢] «کێ لە ڕۆژهەڵاتەوە کەسە سەرکەوتووەکەی
هەستاندووە،
ئەوەی بە ڕاستودروستی بانگی کرد بۆ
خزمەتەکەی؟
نەتەوەکانی دەداتە پێشی،
پاشایان ژێردەستەی دەکات.
بە شمشێرەکەی وەك خۆڵیان لێ دەکات،
بە کەوانەکەی وەك سەرکۆزەری بەباکراو.
[٣] ڕاویان دەنێت، بە سەلامەتی تێدەپەڕێت،
بە ڕێگایەکدا کە پێیەکانی پێیدا نەڕۆیشتوون.

٤ کێ کردوویەتی و کێ ئەنجامی داوە،
لە سەرەتاوە بانگی نەوەکانی کردووە؟
من یەزدانم،
لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، من هەر ئەوم.»

٥ دوورگەکان تەماشایان کردووە و دەترسن،
هەر چوار لای زەوی دەلەرزن،
نزیك بوونەوە و دێن،
٦ هەریەکە و هاوکاری برادەرەکەی دەکات،
بە براکەی دەڵێت: «وەرەت بەرز بێت!»
٧ دارتاش زێڕنگەر هاندەدات،
ئەوەی بە چەکوش لووس دەکات
ئاسنگەر هاندەدات لە دەستگاکەی بکوتێت،
بە جۆشکردن دەڵێت: «باشە.»
بە بزمارەکان توندی دەکات هەتا نەلەقێت.

٨ «بەڵام تۆ ئەی ئیسرائیلی بەندەم،
ئەی یاقوب کە هەڵمبژاردووە،
توخمی ئیبراهیمی خۆشەویستم،
٩ ئەوەی لەوپەڕی زەوییەوە تۆم گرت،
لە دوورترین گۆشەیەوە بانگم کردیت و
بە تۆم گوت: ”تۆ بەندەی منیت،“
تۆم هەڵبژاردووە و ڕەتم نەکردوویتەوە.
١٠ مەترسە، چونکە لەگەڵتدام،
مەپەشۆکێ، چونکە من خودای تۆم.
بەهێزت دەکەم و یارمەتیت دەدەم،
بە دەستە ڕاستی دادپەروەریم پشتیوانیت
دەکەم.

١١ «ئەوەتا شەرمەزار و ڕیسوا دەبن
هەموو ئەوانەی لە تۆ تووڕەن،
وەك هیچیان لێدێت و لەناودەچن
ئەوانەی دژایەتیت دەکەن.
١٢ بەدوایدا دەگەڕێیت و نایانبینیتەوە
ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵت.
ئەوانەی لە دژت دەجەنگن
وەك هیچ و وەك نەبوو دەبن،
١٣ چونکە من یەزدانم، خودای تۆ،
ئەوەی دەستە ڕاستی گرتوویت،
ئەوەی پێت دەڵێت،
مەترسە، من یارمەتیت دەدەم.
١٤ مەترسە ئەی یاقوبی کرم،
ئەی ئیسرائیلی بچووك،
من یارمەتیت دەدەم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە،
ئەوەی دەتکڕێتەوە، پیرۆزەکەی ئیسرائیل.
١٥ «ئەوەتا دەتکەمە جەنجەڕێکی
تیژی نوێی دداندار.
چیاکان دەکوتییەوە و وردوخاشیان دەکەیت،
گردەکان وەك کا لێ دەکەیت.
١٦ شەنیان دەکەیت و با هەڵیاندەگرێت،
ڕەشەبا پەرتوبڵاویان دەکات،
بەڵام تۆ بە یەزدان دڵخۆش دەبیت،
شانازی بە خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل دەکەیت.

١٧ «کڵۆڵ و هەژاران بەدوای ئاودا دەگەڕێن و نییە،
لە تینوێتییان زمانیان وشك بوو.
بەڵام من یەزدانم بە دەنگیانەوە دەچم،
خودای ئیسرائیلم بەجێیان ناهێڵم.
١٨ ڕووباری ڕۆیشتوو لە گردۆڵکەکان دەردەهێنم،
کانیاو لەناوەندی دۆڵەکانیش هەڵدەقوڵێنم.
چۆڵەوانی دەکەم بە گۆلاو،
زەوی وشك دەکەمە سەرچاوەی ئاو.
١٩ داری ئورز و ئەکاسیا[a] و مۆرد[b] و زەیتوون
لە چۆڵەوانی دەڕوێنم،
داری سنەوبەر و کاژ و سەروو پێکەوە
لە بیابان دادەنێم،
٢٠ بۆ ئەوەی پێکەوە ببینن و بزانن و
سەرنج بدەن و تێبگەن
کە دەستی یەزدان ئەمەی کردووە و
خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل بەدییهێناوە.»

---

[a] ١٩ داری شەتیم.

[b] ١٩ مۆرد: دارێکە گەڵاکانی بەبریقە و سەوزێکی تۆخە، گوڵی سپی دەگرێت و بۆنی خۆشە، لە بێتلەحم و حەبرۆن هەیە. ئەو ناوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵات بەکاریدەهێنن بۆی (ئاس)ـە.

٢١ یەزدان دەفەرموێت: «بەرگری لە خۆتان بکەن.»
پاشای یاقوب دەفەرموێت: «بەڵگەکانتان بخەنە
بەردەستم.
٢٢ بتەکانتان بهێنن و با پێمان ڕابگەیەنن
ئەوەی ڕوودەدات.
ئەوانەی ڕابردوو چین، پێمان ڕابگەیەنن،
با مێشکمان بخەینە سەری و
بزانین کۆتاییەکەیان چییە.
یان داهاتوومان پێ بڵێن،
٢٣ ئەوانەی لە داهاتوودا دێن، ڕایبگەیەنن
بۆ ئەوەی بزانین ئێوە خوداوەندەکانن،
هەرچی بێت بیکەن، چاکە یان خراپە،
هەتا پێکەوە سەرسام بین و ببینین.
٢٤ بەڵام ئێوە هیچن و
کارەکانتان لە هیچ کەمترن،
قێزەون ئێوە هەڵدەبژێرێت.

٢٥ «لە باکوورەوە هەڵمستاند و هات.
لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ناوی منەوە نزا دەکات،
بەسەر پارێزگارەکاندا دێت وەك بەسەر قوڕدا،
وەك گۆزەکەر قوڕ بشێلێت.
٢٦ کێ لە سەرەتاوە ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی بزانین،
پێش وەخت، هەتا بڵێین: "ڕاستودروستە؟"
بێگومان ڕاگەیەنەر نییە،
بێگومان بەگوێدادەر نییە،
بێگومان گوێگری وشەکانتان نییە.
٢٧ سەرەتا بە سییۆن: "ئەوەتا ئەوان!"
بە ئۆرشەلیمیش مزگێنیدەرم دا.
٢٨ بینیم کەس نییە،
ئەمانە ڕاوێژکاریان تێدا نییە
هەتا پرسیاریان لێ بکەم و بە وشەیەك وەڵام
بدەنەوە.
٢٩ تەماشا بکە، هەموو هەڵخەڵەتێنەرن!
کارەکانیان هیچ نین،
بتە داتاشراوەکانیان بە وێنەی بایە و پووچن.

## بەندەی یەزدان

٤٢ «ئەوەتا خزمەتکارەکەم، ئەوەی پشتیوانی
دەکەم،
هەڵبژاردەکەم کە پێی دڵشادم،
ڕۆحی خۆمی دەخەمە سەر،
دادپەروەری بۆ نەتەوەکان بەرپا دەکات.
٢ هاوار ناکات و دەنگی بەرز ناکاتەوە و
لە شەقامدا نابیسترێت.
٣ قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت
پڵیتەیەکی پرتەپرتکەر ناکوژێنێتەوە.
بە ڕاستییەوە دادپەروەری دەردەخات.
٤ نە ماندوو دەبێت و نە وردوخاش دەبێت
تاکو ئەوەی لەسەر زەوی دادپەروەری بەرقەرار
دەکات.
دوورگەکان هیوایان بە فێرکردنەکانی ئەو
دەبێت.»

٥ خودای پەروەردگار، بەدیهێنەری ئاسمان و
لێککەرەوەی،
ڕاخەری زەوی و ئەوەی لێی بەرهەم دێت،
هەناسەی داوە بەو گەلەی لەسەریەتی،
ڕۆحیش بەوانەی هاتوچۆی تێدا دەکەن،
ئەمە دەفەرموێت:
٦ «من یەزدانم، بە ڕاستودروستی بانگم کردیت،
جا دەستت دەگرم و دەتپارێزم،
دەتکەمە پەیمان بۆ گەل و ڕووناکی بۆ
نەتەوەکان.
٧ بۆ ئەوەی چاوی نابیناکان بکەیتەوە،
بۆ ئەوەی دیلەکان لە زیندان دەربهێنیت،
لە بەندیخانەش دانیشتووان لە تاریکی.

٨ «من یەزدانم، ئەمەیە ناوم و
شکۆمەندی خۆم نادەمە کەسی دیکە و
ستایشم نادەمە بتە تاشراوەکان.
٩ ببینن، ئەوەی لە ڕابردوو گوترا هاتە دی،
ئێستاش شتی نوێتان پێ ڕادەگەیەنم،
پێش ئەوەی سەر دەربێنێت

من پێتانی دەڵێم.»

## گۆرانی ستایش بۆ یەزدان

[١٠] ئەی ئەوانەی دادەبەزنە ناو دەریا و هەموو
ئەوانەی تێیدان،
دوورگەکان و دانیشتووانەکانیان،
گۆرانییەکی نوێ بۆ یەزدان بڵێن،
ستایشیشی لەوپەڕی زەوییەوە.
[١١] با چۆڵەوانی و شارۆچکەکانی دەنگ بەرز
بکەنەوە،
گوندەکانی نشینگەی قێدار.
با دانیشتووانی سەلەع هاواری خۆشی بکەن،
لە ترۆپکی چیاکانەوە هاوار بکەن.
[١٢] با شکۆمەندی بە یەزدان بدەن،
لە دوورگەکان ستایشی ڕابگەیەنن.
[١٣] یەزدان وەك پاڵەوان دێتە دەرەوە،
وەك جەنگاوەر دڵگەرمی دەهەژێت،
هاوار دەکات و نەعرەتەی جەنگ دەکێشێت،
بەسەر دوژمنانیدا سەردەکەوێت.

[١٤] «زۆر دەمێکە کپ بووم،
بێدەنگ بووم و دانم بە خۆمدا گرت.
بەڵام ئێستا وەك ژنێك کە منداڵی ببێت
دەقیژێنم،
هەناسە دەدەم و هەناسە هەڵدەکێشم پێکەوە.
[١٥] چیا و گردەکان تێکدەدەم،
هەموو گیاوگوڵیان وشك دەکەم.
ڕووبار دەکەمە دوورگە و
گۆلاوەکان وشك دەکەم.
[١٦] نابیناکان بە ڕێگایەکدا دەبەم شارەزای نەبن،
بە ڕێچکەیەکدا هاتوچۆیان پێ دەکەم کە
نایزانن،
تاریکی لەبەردەمیاندا دەکەم بە ڕووناکی،
ڕێگا خوارەکانیش بە ڕاستە ڕێ.
ئەم شتانە دەکەم و
بەجێیان ناهێڵم.
[١٧] بەڵام ئەوانەی پشت بە بتی داڕێژراو دەبەستن،
ئەوانەی بە پەیکەری داتاشراو دەڵێن، ”ئێوە
خوداوەندی ئێمەن،“
بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە و بە تەواوی
شەرمەزار دەبن.

## ئیسرائیلی کوێر و کەڕ

[١٨] «ئەی کەڕەکان گوێ بگرن!
ئەی کوێرەکان سەیر بکەن بۆ ئەوەی ببینن!
[١٩] کێ کوێرە تەنها بەندەکەم[a] نەبێت،
یان کەڕە وەك نێردراوەکەم کە دەینێرم؟
کێ کوێرە وەك ئەوەی تەواوە و
کوێرە وەك بەندەی یەزدان؟
[٢٠] زۆرت بینیوە و سەرنجت نەداوە،
گوێیەکانت کراونەتەوە و نەتبیستووە.»
[٢١] یەزدان دڵخۆشە لە پێناوی ڕاستودروستی خۆی،
فێرکردنەکانی خۆی بە گەورە دادەنێت و ڕێزی
لێ دەگرێت.
[٢٢] بەڵام ئەو گەلێکی تاڵانکراو و ڕووتکراوەیە
هەموو کەوتوونەتە چاڵەوە،
لە بەندیخانەکان خۆیان شاردووەتەوە،
بوون بە تاڵانی و کەس فریایان نەکەوت،
ڕووتکرانەوە و کەس نەبوو بڵێت، «دەست
بگێڕەوە!»

[٢٣] کێ لە ئێوە گوێ لەمە دەگرێت
گوێ شل دەکات و هەتا کۆتایی دەبیستێت؟
[٢٤] کێ یاقوبی دایە دەست ڕووتکردنەوە و
ئیسرائیلیش بۆ تاڵانکاران؟
ئایا یەزدان نییە
کە گوناهمان دەرهەقی کرد و
نەیانویست ڕێگاکانی بگرنەبەر و
گوێیان لە فێرکردنەکانی نەگرت؟
[٢٥] ئیتر گڕی توورەیی خۆی بەسەردا ڕشتن،
بە جەنگێکی سەخت،

[a] ١٩ مەبەست لە گەلی ئیسرائیل و پێغەمبەرەکانە.

لە هەموو لایەکەوە گڕی تێبەردان، بەڵام پێیان
نەزانی،
سووتاندنی، بەڵام نەچووە مێشکیانەوە.

## تاکە ڕزگارکەری ئیسرائیل

٤٣ ئێستاش یەزدان ئەمە دەفەرموێت،
بەدیهێنەرت، ئەی یاقوب،
شێوەکێشت، ئەی ئیسرائیل:
«مەترسە، چونکە تۆم کڕیوەتەوە،
بە ناوی خۆتەوە بانگم کردوویت، تۆ هی
منیت.
٢ کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە، من لەگەڵتدام،
بەناو ڕووبارەکانیشدا، نوقومت ناکەن.
بەناو ئاگردا بڕۆیت، داغ نابیت،
بڵێسەش ناتسووتێنێت،
٣ چونکە من یەزدانم، خودای تۆم،
پیرۆزەکەی ئیسرائیل، ڕزگارکەری تۆ.
میسرم کردووە بە کەفارەتی تۆ،
کوش و سەبا لە جێی تۆ.
٤ لەبەر ئەوەی تۆ بەنرخ بوویت لەلام،
سەنگین بوویت و من خۆشم ویستیت،
لە جێی تۆ خەڵکی دەدەم،
لە جیاتی گیانت نەتەوەکان.
٥ مەترسە، چونکە من لەگەڵتدام.
لە ڕۆژهەڵاتەوە نەوەکانت دەهێنم و
لە ڕۆژئاواوە کۆت دەکەمەوە.
٦ بە باکوور دەڵێم: "بیاندەرێ!" و
بە باشووریش: "مەیانگرە!"
کوڕانم لە دوورەوە بهێنە و
کچانم لەوپەڕی زەوییەوە.
٧ هەموو ئەوانەی بە ناوی منەوە بانگ دەکرێن،
بۆ شکۆمەندیی خۆم بەدیم هێناون،
شێوەم کێشاون و دروستم کردوون.»

٨ دەریبخە ئەو گەلەی کوێرە، بەڵام چاوی هەیە،
کەڕە، بەڵام گوێی هەیە.
٩ با هەموو نەتەوەکان پێکەوە کۆببنەوە،
با نەتەوەکان خڕ ببنەوە.
کێ لەوان ئەمە ڕادەگەیەنێت و
سەرەتاکانمان پێ دەڵێت؟
با شایەتەکانیان بهێننە پێش و ڕاستی
پێشبینییەکانیان دەربخەن،
یان گوێیان لێ بێت و بڵێن: «ڕاستە.»
١٠ یەزدان دەفەرموێت: «ئێوە شایەتی منن،
بەندەی هەڵبژاردەم،
بۆ ئەوەی بزانن و باوەڕم پێ بهێنن و
تێبگەن کە من ئەوم،
پێش من شێوەی هیچ خودایەك نەکێشراوە و
پاش منیش نابێت.
١١ منم، منم یەزدان،
لە من بەولاوە ڕزگارکەر نییە.
١٢ من ئاشکرام کرد و ڕزگارم کرد و ڕامگەیاند،
منم، نەك خوداوەندێکی بێگانە لەنێوتاندا بێت.
ئێوە شایەتی منن کە من خودام.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.
١٣ «لەو ڕۆژەوە من ئەوم،
کەس لە دەستم دەرباز نابێت.
هەرچی بکەم کێ دەیگەڕێنێتەوە؟»

## بەزەیی خودا و بێوەفایی ئیسرائیل

١٤ یەزدان ئەوەی دەتانکڕێتەوە،
پیرۆزەکەی ئیسرائیل، ئەمە دەفەرموێت:
«لە پێناوی ئێوە دەنێرم بۆ بابل و
هەموو هەڵاتووەکانی بەدەردەنێم،
بابلییەکانیش بەو کەشتییانەی کە هاواری
شادییان تێدا کردبوون.
١٥ منم یەزدان، پیرۆزەکەتان،
بەدیهێنەری ئیسرائیل، پاشاکەتان.»

١٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت،
ئەوەی لەناو دەریا ڕێگای داناوە،
لەناو ئاوە بەهێزەکان ڕێچکە،
١٧ ئەوەی گالیسکە و ئەسپی دەرکرد،
سوپا و هێزی پێکەوە ڕاکێشا و هەڵنەستانەوە،

کپ بوون، وەك پڵیتەیەك کوژانەوە،
دەفەرموێت:
١٨ «باسی سەرەتاکان مەکەن،
لە دێرینەکان ڕامەمێنن.
١٩ ئەوەتا من شتێکی نوێ دەکەم!
ئێستا سەرهەڵدەدات، ئایا نایزانن؟
لە چۆڵەوانی ڕێگا دادەنێم و
لە بیابان ڕووبارەکان.
٢٠ ئاژەڵە کێوییەکان شکۆمەندم دەکەن،
چەقەڵ و کوندەپەپوو،
چونکە ئاوم خستە چۆڵەوانییەوە،
ڕووبارەکان لە بیاباندا
بۆ ئاودانی گەلەکەم، هەڵبژاردەکەم،
٢١ ئەم گەلە بۆ خۆم شێوەم کێشاوە
باسی ستایشم دەکەن.

٢٢ «بەڵام نزاتان بۆ نەکردم، ئەی یاقوب،
لە پێناوی من کۆششتان نەکرد، ئەی ئیسرائیل.
٢٣ بەرخی قوربانی سووتاندنەکەی خۆتت بۆ من نەهێنا،
بە قوربانییە سەربڕدراوەکانت ڕێزت لێ نەگرتم.
بە پێشکەشکراوی دانەوێڵە بارگرانم نەکردیت،
بە قوربانی بخوور ماندووم نەکردیت.
٢٤ بە زیوەکەت قامیشی بۆنخۆشت بۆ نەکڕیم،
بە پیوی قوربانییە سەربڕدراوەکانت تێرت نەکردم،
بەڵکو بە گوناهەکانت بارگرانت کردم،
بە تاوانەکانت ماندووت کردم.

٢٥ «منم، منم کە یاخیبوونەکانت دەسڕمەوە،
لە پێناو خۆم،
گوناهەکانیشت بەبیر خۆمی ناهێنمەوە.
٢٦ بەبیرم بخەرەوە،
با پێکەوە بکەوینە دادگاییکردن،
بە بەڵگە بێتاوانییەکەت بسەلمێنە.
٢٧ باوکی یەکەمت گوناهی کرد و
پەیوەندی ڕێکخەرانت لێم یاخی بوون.
٢٨ لەبەر ئەوە میرانی پیرۆزگا گڵاو دەکەم و
یاقوب دەدەمە قڕکردن[a] و
ئیسرائیلیش بۆ جنێوپێدان.

## ئیسرائیلی هەڵبژێردراو

٤٤ «ئێستا یاقوبی بەندەم،
ئیسرائیلی هەڵبژاردەم، گوێ بگرە.
٢ دروستکەر، یارمەتیدەرت،
شێوەکێشت لە سکی دایکەوە،
یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
مەترسە یاقوبی بەندەم،
یەشوروونی[b] هەڵبژاردەم،
٣ چونکە ئاو بەسەر خاکە تینووەکەدا دەڕێژم و
لافاو بەسەر زەوییە وشکەکەدا،
ڕۆحی خۆم بەسەر نەوەکانتدا دەڕێژم و
بەرەکەتم بەسەر توخمت.
٤ جا لەنێو سەوزەگیا سەرهەڵدەدەن
وەك شۆڕەبی ڕۆخ جۆگەکان.
٥ ئەمەیان دەڵێت: "من سەر بە یەزدانم،"
ئەویان بە ناوی یاقوب بانگ دەکرێت،
ئەمیان لەسەر دەستی دەنووسێت: "بۆ یەزدانە" و
بە ناوی ئیسرائیلەوە نازناوی لێ دەنرێت.

## یەزدان، نەك بت

٦ «یەزدان، پاشای ئیسرائیل و ئەوەی دەیکڕێتەوە،
یەزدانی سوپاسالار، ئەمە دەفەرموێت:
من سەرەتا و من کۆتاییم،
لە من بەولاوە هیچ خودایەك نییە.
٧ کێ وەك منە؟ با بانگەواز بکات،

---

[a] ٢٨ قڕکردن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناوەبردرێت.

[b] ٢ یەشوروون: وشەیەکی عیبرییە بە واتای سەرڕاست یان دادپەروەر، لێرە مەبەست لە گەلی ئیسرائیلە.

با ڕایبگەیەنێت و بیخاتە بەردەمم
لەو کاتەوەی گەلی دێرینم داناوە و
داهاتووەکان و ئەوەی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت،
با پێیان ڕابگەیەنن.
[8] مەتۆقن و مەترسن.
ئەی لە کۆنەوە پێم نەگوتوویت و پێم
ڕانەگەیاندوویت؟
ئێوە شایەتی منن، ئایا لە من بەولاوە خودای
دیکە هەیە؟
هیچ تاشەبەردێکی دیکە نییە، من
نەمناسیبێت.»

[9] شێوەکێشەکانی بت هەموو پووچن،
شتە ئارەزوو بەخشەکانیان بێ سوودن.
شایەتیدەری خۆیانن کە نابینن و
نازانن، لەبەر ئەوە شەرمەزار دەبن.
[10] کێ شێوەی خودایەکی کێشاوە
یان بتێکی داڕشتووە بەبێ سوود؟
[11] ئەوەتا هەموو هاوڕێیەکانی شەرمەزار دەبن.
وەستاکانی لە مرۆڤن،
هەموو کۆدەبنەوە و ڕادەوەستن،
پێکەوە دەتۆقن و شەرمەزار دەبن.

[12] ئاسنگەر بە ئامێرەکانی
پارچە ئاسن لەناو خەڵووز سوور دەکاتەوە.
بە چەکوش شێوەی دەکات،
بە هێزی بازووی دروستی دەکات.
برسی دەبێت هێزی نییە،
ئاوی نەخواردووەتەوە و ماندوو بوو.
[13] دارتاش گوریسی پێوانەی ڕاکێشا،
نیشانی کرد بە نیشانکەر،
بە ئەسکەنە دروستی دەکات.
بە پرگال وێنەی دەکێشێت،
جا وەك شێوەی پیاو دروستی دەکات،
وەك جوانی مرۆڤ
بۆ ئەوەی لە نزرگە جێگیر بێت.
[14] دار ئورزی بۆ خۆی بڕییەوە،
یان داری سەروو یاخود داری بەڕووی برد،
بەجێی هێشت کە لەنێو دارەکانی دارستان گەشە
بکات،
یاخود دار سنەوبەرێکی ڕواند و باران گەورەی
کرد.
[15] جا بۆ مرۆڤ دەبێت بۆ سووتاندن،
لێی دەبات و گەرم دەبێتەوە،
دایدەگیرسێنێت و نانی پێ دەبرژێنێت.
بەڵام خوداوەندێکیش دروستدەکات و کڕنۆشی
بۆ دەبات،
دەیکات بە پەیکەر و ڕوو لە زەوی دەکات
بۆی.
[16] نیوەی بە ئاگر دەسووتێنێت،
لەسەر نیوەی خواردن ئامادە دەکات،
گۆشت دەبرژێنێت و تێردەبێت.
هەروەها گەرم دەبێتەوە و دەڵێت: «ئەها!
گەرم بوومەوە، ئاگرم بینی.»
[17] پاشماوەکەشی خوداوەندێکی لێ دروستکرد، بتە
داتاشراوەکەی،
ڕوو لە زەوی دەکات بۆی و کڕنۆشی بۆ دەبات.
نوێژی بۆ دەکات و دەڵێت:
«ڕزگارم بکە، چونکە تۆ خودای منی.»
[18] نازانن و تێناگەن،
چونکە چاوەکانیان داخراوە لە بینین و
مێشکیان لە تێگەیشتن.
[19] لە دڵی خۆیدا بیری لێ ناکاتەوە و
زانین و تێگەیشتنی نییە
هەتا بڵێت: «بە نیوەی ئاگرم خۆشکرد،
بە پشکۆیەکەشی نان و گۆشتم برژاند و
خواردم.
ئەو کاتە پاشماوەکەی بکەم بە قێزەون،
بۆ قەدی دارێك ڕوو لە زەوی بکەم؟»
[20] لەسەر خۆڵەمێش دەلەوەڕێت، دڵی هەڵخەڵەتا و
چەواشەی کرد.
گیانی خۆی ڕزگار ناکات،
ناڵێت: «ئایا ئەمە درۆ نییە لە دەستە ڕاستم؟»

٢١ «ئەمەت لەبیر بێت، ئەی یاقوب،
ئەی ئیسرائیل، چونکە تۆ بەندەی منیت،
شێوەی تۆم کێشا، تۆ بەندەی منیت.
ئەی ئیسرائیل، لەبیرم ناچیت.
٢٢ یاخیبوونەکانی تۆم وەك هەوری تار سڕییەوە،
گوناهەکانیشت وەك تەمی بەیانییان،
بگەڕێوە بۆ لام،
چونکە تۆم کڕییەوە.»

٢٣ ئەی ئاسمان، هاواری خۆشی بکە، چونکە یەزدان
ئەمەی کرد؛
ئەی ناخی زەوی، هاوار بکەن!
هاواری خۆشی بکەن، ئەی چیاکان،
ئەی دارستان و هەموو دارێك کە تێیدایە،
چونکە یەزدان یاقوبی کڕییەوە و
لە ئیسرائیل شکۆدارە.

## ئاوەدانی ئۆرشەلیم

٢٤ «یەزدان، ئەوەی دەتکڕێتەوە، شێوەکێشت لە
سکی دایکەوە،
ئەمە دەفەرموێت:

«من یەزدانم،
دروستکەری هەموو،
بە تەنها ئاسمانم لێککردەوە،
زەویم ڕاخست، کەسم لەگەڵ نەبوو،
٢٥ نیشانەی پێغەمبەرانی درۆزنم پوکاندەوە،
فاڵگرەوەم گێل کرد.
دانام گەڕاندەوە دواوە،
زانینەکەی ئەوانم کردە نەزانی.
٢٦ وشەی خزمەتکارەکەی بەجێدەهێنێت،
پلانی نێردراوەکانی تەواو دەکات،
سەبارەت بە ئۆرشەلیم دەڵێت: ”ئاوەدان
دەبێتەوە،“
بە شارۆچکەکانی یەهوداش: ”بنیاد
دەنرێنەوە،“
سەبارەت بە کەلاوەکانیش: ”نۆژەنیان
دەکەمەوە،“
٢٧ «بە دەریا دەڵێت: ”وشك بە،
منیش ڕووبارەکانت وشك دەکەم،“
٢٨ سەبارەت بە کۆرش[a] دەڵێت: ”ئەو شوانی منە،
هەموو ئەوەی دڵم پێی خۆشە دەیهێنێتە دی.
کۆرشیش سەبارەت بە ئۆرشەلیم دەڵێت: ’با
بنیاد بنرێتەوە،‘
بە پەرستگاش دەڵێت: ’با دابمەزرێتەوە.‘“»

٤٥ «یەزدان بەم شێوەیە بە کۆرشی
دەستنیشانکراوی دەفەرموێت،
ئەوەی دەستە ڕاستیم گرت
بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئەو نەتەوەکان بخەمە ژێر
ڕکێفم و
پاشایان چەك بکەم،
بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا دەروازەکان بکەمەوە و
دەرگاکان دانەخرێن:
٢ ”من لەپێشتەوە دەڕۆم و
تەپەکان تەخت دەکەم،
دەروازە بڕۆنزییەکان دەشکێنم و
شەوبەندە ئاسنینەکان دەبڕمەوە.
٣ گەنجینەکانی تاریکی و
خشڵە شاردراوەکانت دەدەمێ،
هەتا بزانیت کە من یەزدانم، خودای ئیسرائیل،
ئەوەی بە ناوی خۆتەوە بانگت دەکات.
٤ لەبەر یاقوبی بەندەم و
ئیسرائیلی هەڵبژاردەم،
بە ناوی خۆت بانگت دەکەم و
نازناوی چاکم بە تۆ بەخشی
هەرچەندە تۆ دان بە مندا نانێیت.
٥ من یەزدانم و یەکێکی دیکە نییە،
بێجگە لە من خودای دیکە نییە.
هەرچەندە دانت بە مندا نەناوە،
بەڵام من کەمەربەندی تۆ توند دەکەم.

[a] ٢٨ بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣٦:٢٢ و ٢٣.

٦بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا بزانن
کە بێجگە لە من کەس نییە.
من یەزدانم و یەکێکی دیکە نییە.
٧شێوەکێشی ڕووناکی و بەدیهێنەری تاریکیم،
دروستکەری ئاشتی و بەدیهێنەری خراپەم،[a]
من یەزدانم دروستکەری هەموو ئەمانە.“

٨«ئەی ئاسمان لە سەرەوە، ڕاستودروستییەکەم
ببارێنە،
با هەورەکان بیپرژێنێت.
با زەوی بکرێتەوە و پێکەوە
ڕزگاری بەر بگرێت و
ڕاستودروستی سەرهەڵبدات،
من یەزدانم بەدیم هێنا.

٩«قوڕبەسەر ئەوەی کێشە لەگەڵ شێوەکارەکەی
دروستدەکات،
پارچەی گۆزەیەکە لەنێو گۆزەکانی سەر زەوی.
ئایا قوڕ بە گۆزەکەرەکەی دەڵێت: ”چی
دروستدەکەیت“
یان ئیشەکەت: ”دوو دەستی نییە“؟
١٠قوڕبەسەر ئەوەی بە باوکی دەڵێت:
”چ منداڵێکت خستەوە؟“
بە دایکەکەشی: ”چیت لێ دەبێت؟“

١١«یەزدان، پیرۆزەکەی ئیسرائیل و شێوەکێشەکەی،
ئەمە دەفەرموێت:
دەربارەی ئەوانەی دێت،
ئایا سەبارەت بە منداڵەکانم لێم بپرسن،
سەبارەت بە کاری دەستم، ڕامبسپێرن؟
١٢من زەویم دروستکرد و
مرۆڤی سەریم بەدیهێنا.
دەستەکانی من ئاسمانی لێککردەوە و
هەموو هێزەکانی ئاسمانم پێکهێنا.
١٣من کۆرش بە ڕاستودروستی هەڵدەستێنم و
هەموو ڕێگاکانی ڕێك و ڕاست دەکەم.
ئەو شارەکەم بنیاد دەنێتەوە و
ڕاپێچکراوەکانم ئازاد دەکات
بەبێ پارە و بەبێ بەرتیل.
ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.»

١٤یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«بەرهەمی میسر و بازرگانی کوش و
سەبئییە باڵا بەرزەکان
بۆ لای ئێوە[b] دەپەڕنەوە و
بۆ ئێوە دەبن.
لەدوای ئێوەوە بە کۆت و زنجیرەوە دەڕۆن و
دەپەڕنەوە بۆ لاتان.
کڕنۆش بۆ ئێوە دەبەن و
لە ئێوە دەپاڕێنەوە:
”بێگومان خودا لەنێو ئێوەدایە و یەکێکی دیکە
نییە،
خودای دیکە نییە.“»

١٥بەڕاستی تۆ خودایەکی خۆت دەشاریتەوە،
خودای ئیسرائیل، ئەی ڕزگارکەر.
١٦هەروەها هەموو وەستای پەیکەرەکان شەرمەزار
و ڕیسوا دەبن،
پێکەوە بە سەرشۆڕییەوە دەڕۆن،
١٧بەڵام ئیسرائیل بە یەزدان ڕزگاری دەبێت،
بە ڕزگارییەکی هەتاهەتایی.
شەرمەزار و ڕیسوا نابن
هەتاهەتایە.

١٨چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت،
بەدیهێنەری ئاسمان،
ئەو خودایە،
شێوەکێشی زەوی و دروستکەری،
ئەو دایمەزراند.
بەخۆڕایی بەدی نەهێنا،
بەڵام بۆ نیشتەجێبوون شێوەی کێشا،

[a] ٧ بڕوانە ئەیوب ٢:١-١٠، خودا هەندێك جار ڕێ دەدات کە شتی خراپ ڕووبدەن بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی خۆی.

[b] ١٤ مەبەست لە یەهودایە لەدوای گەڕاندنەوەی گەلی خودا لە ڕاپێچکراوی لەلایەن کۆرش پاشای فارسەوە.

دەفەرموێت:
«من یەزدانم و
یەکێکی دیکە نییە.
١٩ لە پەناوە قسەم نەکرد،
لە شوێنێکی تاریکی زەوی.
بە توخمی یاقوبم نەفەرموو،
"بەخۆڕایی بەدوامدا بگەڕێن."
من یەزدانم بە ڕاستی دەدوێم،
بە ڕاستودروستی ڕایدەگەیەنم.

٢٠ «کۆببنەوە و وەرن،
ئەی دەربازبووانی نەتەوەکان، پێکەوە وەرنە پێش.
نازانن ئەوانەی هەڵیانگرتووە، داری بتە داتاشراوەکانیان،
ئەوانەی داوا لە خوداوەندێك دەکەن کە ڕزگار ناکات.
٢١ ڕایبگەیەنن و وەرنە پێش.
با ئەوان پێکەوە ڕاوێژ بکەن.
لە کۆنەوە کێ پێشبینی ئەمەی کردووە،
لە دێرزەمانەوە ڕایگەیاندووە؟
ئایا منی یەزدان نەبوو؟
بێجگە لە من هیچ خودایەك بێت،
خودایەکی ڕاستودروست و ڕزگارکەر
بێجگە لە من نییە.

٢٢ «ڕوو لە من بکەن و ڕزگارتان بێت،
ئەی هەموو لایەکانی زەوی،
چونکە من خودام و یەکێکی دیکە نییە.
٢٣ سوێندم بە گیانی خۆم خوارد،
ڕاستی لە دەممەوە هاتە دەرەوە،
وشەیەکە و ناگەڕێتەوە،
کە هەموو ئەژنۆیەك بۆ من چۆك دەدات،
هەموو زمانێك بە من سوێند دەخوات.
٢٤ سەبارەت بە من دەڵێن: "ڕاستودروستی و هێز تەنها بە یەزدانە."»
هەموو ئەوانەی ڕقیان لێی هەستاوە
بۆ لای ئەو دێن و شەرمەزار دەبن،
٢٥ بەڵام هەموو توخمی ئیسرائیل
بە یەزدان ڕاستودروست دەبن و شانازی دەکەن.

## خوداوەندەکانی بابل

٤٦ بێل[a] چۆکی دادا و نەبۆ چەمایەوە،
بتەکانیان بارن بۆ ڕەشەوڵاخ.
ئەوەی باری دەکەن باری هەڵگیراون،
بارن بەسەر ئاژەڵە ماندووەکانەوە.
٢ هەموو چەمانەوە، پێکەوە چۆکیان دادا،
نەیانتوانی بارەکە دەرباز بکەن و
ئەوان خۆشیان ڕاپێچ کران.

٣ «ئەی بنەماڵەی یاقوب، گوێم لێ بگرن،
ئەی هەموو پاشماوەی بنەماڵەی ئیسرائیل،
ئەی ئەوانەی هەڵمگرتوون لەو کاتەوەی لەناو ڕەحم بوونە،
لەو ڕۆژەوەی کە لەدایك بوونە گرنگیم پێداون.
٤ هەتا پیریش بن هەر من ئەوم،
هەتا ڕیش سپییێتیش هەر من هەڵتاندەگرم.
من دروستم کردوون و ئێوە باری منن،
هەر من هەڵدەگرم و دەرباز دەکەم.

٥ «بە کێ هاوشێوەم دەکەن و یەکسانم دەکەن و هاووێنەم دەکەن بۆ ئەوەی لە یەك بچین؟
٦ ئەوانە زێڕ لە کیسەوە بەتاڵ دەکەن و
زیویش بە تەرازوو دەکێشن،
زێڕنگەرێك بەکرێ دەگرن و دەیکاتە خوداوەندێك،
ڕوو لە زەوی دەکەن بۆی و کڕنۆشی بۆ دەبەن.
٧ دەیخەنە سەر شان، هەڵیدەگرن،
لە جێی خۆی دایدەنێن بۆ ئەوەی ڕاوەستێت،
لە جێی خۆی ناجوڵێتەوە.
هاواری بۆ دەکات و وەڵام ناداتەوە،

[a] ١ بێل یەکێکە لە خوداوەند و بتە ناودارەکانی سەردەمی شانشینی بابل.

لە تەنگانەکەی ڕزگاری ناکات.

٨ «ئەمەتان لەبیر بێت و وردبنەوە!
ئەی یاخیبووان، بیخەنە مێشکتانەوە.
٩ سەرەتاکانتان لەبیر بێت کە لە کۆنەوەیە،
بە ڕاستی من خودام و یەکێکی دیکە نییە،
خودام و هیچی دیکە نییە وەك من.
١٠ لە سەرەتاوە کۆتاییم ڕاگەیاندووە،
لە کۆنەوەش ئەوەی هێشتا نەکراوە.
فەرمووم: ”ڕاوێژی من سەر دەگرێت،
هەموو ئەوەی پێم خۆشە دەیکەم.“
١١ داڵ لە ڕۆژهەڵاتەوە بانگ دەکەم،
لە خاکێکی دووریشەوە ئەوەی ئامانجی من
بەجێدەگەیەنێت.
فەرمووم و ئەنجامی دەدەم،
دامڕشتووە و دەیکەم.
١٢ ئەی کەللەڕەقەکان، گوێم لێ بگرن،
ئەی دوورەکان لە ڕاستودروستی.
١٣ ڕاستودروستی خۆمم نزیك خستووەتەوە،
دوور ناکەوێتەوە و
ڕزگاربوونم دوا ناکەوێت.
ڕزگاری بە سییۆن دەبەخشم،
بە ئیسرائیلی شکۆمەندیم.

## کەوتنی بابل

٤٧ «دابەزە و لەسەر خۆڵ دابنیشە،
ئەی بابلی کچە پاکیزە[a].
بەبێ تەخت لەسەر زەوی دابنیشە،
کچی بابلییەکان،
چونکە چیتر پێت ناگوترێت
ناسك و نازدار.
٢ دەستاڕ ببە و باراش بهاڕە،
عەبات فڕێدە،
دامێن هەڵبکە و قاچ بەدەرخە،
لە ڕووبارەکان بپەڕەوە.
٣ ڕووتیت دەردەکەوێت،
هەروەها ڕیسواییت دەبینرێت.
تۆڵەی خۆم دەکەمەوە و
لە کەس نابوورم.»

٤ ئەوەی دەمانکڕێتەوە ناوی یەزدانی سوپاسالارە،
پیرۆزەکەی ئیسرائیلە.

٥ «بێدەنگ دابنیشە و وەرە ناو تاریکییەوە،
شاری شاهانەی بابلییەکان،
چونکە چیتر پێت ناگوترێت
شاژنی شانشینەکان.
٦ تووڕە بووم لە گەلی خۆم و
میراتی خۆمم گڵاوکرد.
ئەوانم دا بە دەست تۆوە،
تۆش لەگەڵیاندا بە بەزەیی نەبوویت.
تەنانەت لەسەر پیرەکانیش
نیری[b] خۆتت زۆر قورس کرد.
٧ گوتت: ”بۆ هەتاهەتایە
دەبمە شاژن!“
بەڵام لەم ڕووداوانە وردنەبوویتەوە،
بیرت لە کۆتاییەکەی نەکردەوە.

٨ «ئێستا گوێ لەمە بگرە، ئەی سۆزانی،
ئەی دانیشتوو بە ئاسوودەیی،
ئەی ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەڵێت:
”هەر خۆم و بەس!
نە بێوەژن دەبم و
نە سك سووتاوی دەزانم.“
٩ لەپڕ لە یەك ڕۆژدا
ئەم دووانەت بەسەردێت،
سك سووتان و بێوەژنییێتی.
بە تەواوی بەسەرت دێت،
سەرەڕای زۆری جادووگەری و
سەرەڕای لە ڕادەبەدەری نوشتە کردنت.
١٠ پشتت بە خراپەکارییەکانت بەست و

[a] ١ پاکیزە: مەبەست لەپێش داگیرکردنیەتی، کە بەراوردی دەکات بە کچی پاکیزە.

[b] ٦ مەبەستی لە بارگرانییە.

گوتت: "کەس نامبینێت."
داناییەکەت و زانینەکەت تۆیان لەڕێ لادا،
لە دڵی خۆتدا گوتت:
"هەر خۆم و بەس."
١١ خراپەیەکت بەسەرهاتووە،
سەرهەڵدانەکەی نازانیت،
بەڵایەکت بەسەردێت.
ناتوانیت ڕەتی بکەیتەوە،
لەپڕ کاولبوونێکت بەسەردێت
پێی نازانیت.

١٢ «جا بەردەوام بە، بە نوشتەکانت و
بە زۆری جادووگەریت،
ئەوەی لە مێردمنداڵیتەوە تێیدا ماندوو بوویت،
بەڵکو سوودی هەبێ بۆت،
بۆ ئەوەی بیانترسێنیت!
١٣ هێزت لەبەر بڕا لە زۆری ڕاوێژەکانت!
با ئەستێرەناسەکانت بێنە پێشەوە،
ئەوانەی ئاسمان دابەش دەکەن و
چاو لە ئەستێرەکان دەبڕن و
مانگ لەدوای مانگ پێشبینی دەکەن،
با ئەوانە ڕزگارت بکەن
لەوەی بەسەرت دێت.
١٤ ئەوەتا وەك پووشیان لێدێت،
ئاگر دەیانسووتێنێت.
لە دەست بڵێسە
فریای گیانی خۆیان ناکەون.
ئەو پشکۆ خەڵووزە بۆ خۆگەرمکردنەوە نییە،
ئەو ئاگرەش بۆ دانیشتن لەبەردەمی نییە.
١٥ ئەو جادووگەرانەی لە مێردمنداڵیتەوە
هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکردن و
پێیانەوە ماندوو بوویت،
بەو دەردە دەچن.
هەرکەسە و ملی ڕێی خۆی دەگرێت،
کەس نییە ڕزگارت بکات.

## کەللەڕەقی ئیسرائیل

٤٨ «گوێ لەمە بگرن، ئەی بنەماڵەی یاقوب،
ئێوە پێتان دەگوترێت ئیسرائیل،
ئێوە لە پشتی یەهوداوە دەرچوون،
ئێوە بە ناوی یەزدانەوە سوێند دەخۆن،
ناوی خودای ئیسرائیل دەهێنن،
بەڵام نەك بە دڵسۆزی و نەك بە ڕاستودروستی،
٢ بە خۆتان دەڵێن، خەڵکی شاری پیرۆز و
خۆتان دەدەنە پاڵ خودای ئیسرائیل
کە ناوی یەزدانی سوپاسالارە:
٣ سەرەتاکانم لە کۆنەوە ڕاگەیاندووە،
لە دەمی منەوە هاتوونەتە دەرەوە و وام کرد
ببیسترێن،
لەپڕ کردم و ڕوویان دا.
٤ چونکە دەمزانی ئێوە کەللەڕەقن و
ملتان دەماری ئاسنینە و
ناوچەوانتان برۆنزە.
٥ لەبەر ئەوە لە کۆنەوە ئەمانەم پێ ڕاگەیاندن،
وام کرد پێش ئەوەی ڕووبدەن ئێوە گوێتان لێی
بێت،
نەوەك بڵێن: "بتەکەم کردی،
خوداوەندە دەستکردەکەم فەرمانی دا."
٦ ئێوە گوێتان لێ بوو، جا بڕواننە هەمووی.
ئەی ئێوە دانی پێدا نانێن؟

«وا دەکەم لە ئێستاوە گوێتان لە شتە نوێیەکان
بێت،
ئەو نهێنییانەی کە نایانزانن.
٧ ئێستا بەدیهێنران، لە کۆنەوە نەبوون،
بەر لە ئەمڕۆ نەتانبیستبوون
نەوەك بڵێن،
"ئەوەتا دەمانزانی."
٨ هەروەها نە گوێتان لێ بوو نە زانیشتان،
لە کۆنەوەش گوێت نەکردەوە.
باش دەزانم چۆن بە تەواوی ناپاکی دەکەن،
لەناو سکی دایکتانەوە پێتان گوترا: "یاخی."

[9] لە پێناوی ناوی خۆم تووڕەییەکەم دواخست،
لە پێناوی ستایشم دانبەخۆمدا دەگرم،
نەوەك بتانبڕمەوە.
[10] ئەوەتا ئێوەم پاڵاوت، بەڵام نەك وەکو زیو،
لەناو کوورەی ئازار چێژتن تاقیم کردنەوە.
[11] لە پێناوی خۆم، لە پێناوی خۆم دەیکەم،
چونکە چۆن ناوی من گڵاو بکرێت؟
شکۆمەندیم بە یەکێکی دیکە نادەم.

## دەربازکردنی ئیسرائیل

[12] «ئەی یاقوب، گوێم لێ بگرن،
ئەی ئیسرائیل، بانگم کردن.
ئەوە منم،
من سەرەتا و من کۆتاییم.
[13] دەستی من زەوی دامەزراند،
دەستە ڕاستم ئاسمانی لێککردەوە.
کاتێك من بانگیان دەکەم،
پێکەوە دەوەستن.

[14] «هەمووتان کۆبنەوە و گوێ بگرن!
کام لە بتەکان ئەمەی ڕاگەیاندووە؟
هاوپەیمانی خۆشەویستی یەزدان،[a]
هەرچی پێ خۆش بێت بە بابلی دەکات،
بازووشی لە دژی کلدانییەکان دەبێت.
[15] من، من قسەم کرد و بانگم کرد،
هێنام و ڕێگاکەشی سەرکەوتوو دەبێت.

[16] «وەرنە پێش بۆ لام، گوێ لەمە بگرن:

«لە سەرەتاوە بە نهێنی قسەم نەکرد،
لە کاتی ڕوودانی من لەوێم.»

ئێستاش یەزدانی باڵادەست منی نارد
لەگەڵ ڕۆحی خۆی.

[17] یەزدان، ئەوەی دەتانکڕێتەوە، پیرۆزەکەی
ئیسرائیل،
ئەمە دەفەرموێت:

«من یەزدانی پەروەردگارتانم،
فێرتان دەکەم بۆ ئەوەی سوود وەربگرن،
بە ڕێگایەکدا دەتانبەم هەتا بیگرنەبەر.
[18] خۆزگە گوێتان لە فەرمانەکانم دەگرت،
جا ئاشتیتان وەك ڕووبار دەبوو،
ڕاستودروستیشتان وەك شەپۆلی دەریا.
[19] توخمتان وەك لم دەبوو،
وەچەتان وەك دەنکی لم،
ناویان لەبەردەمم نە دەبڕایەوە و
نە لەناودەچوو.»

[20] لە بابل بچنە دەرەوە،
لە بابلییەکان هەڵبێن!
بە هاواری خۆشییەوە ڕایبگەیەنن،
جاڕی ئەمە بدەن.
بەرێی بخەن هەتا ئەوپەڕی زەوی،
بڵێن: «یەزدان یاقوبی بەندەی کڕییەوە.»
[21] تینوو نەبوون کە بە چۆڵەوانیدا بردنی،
لە تاشەبەردەوە ئاوی بۆ هەڵقوڵاندن،
تاشەبەردی شەق کرد و
ئاو تەقییەوە.

[22] یەزدان دەفەرموێت: «ئاشتی بۆ بەدکاران نییە.»

## بەندەی یەزدان

٤٩ ئەی دوورگەکان، گوێم لێ بگرن،
ئەی نەتەوە دوورەکان، گوێ شل بکەن:
یەزدان پێش لەدایکبوونم بانگی کردم،
لەناو سکی دایکمەوە دیاری کردم.
[2] دەمی منی کرد بە شمشێرێکی تیژ،
لە سێبەری دەستی خۆیدا منی شاردەوە،
منی کردە تیرێکی تیژکراو،
لەناو تیردانەکەی منی شاردەوە.
[3] بە منی فەرموو: «تۆ بەندەی منیت،
ئیسرائیل، ئەوەی لەنێویاندا شکۆدار دەبم.»
[4] منیش گوتم: «بەخۆڕایی ماندوو بووم،
لە شتی هیچوپووچدا توانای خۆمم نەهێشت،

[a] ١٤ مەبەست لە کۆرشی پاشایە.

بەڵام دادم لەلای یەزدانە و
پاداشتم لای خودامە.»

٥ ئێستاش یەزدان ئەمە دەفەرموێت،
یەزدان کە لە سکی دایکمەوە شێوەی منی
کێشا،
بۆ ئەوەی ببم بە بەندەی خۆی،
تاوەکو یاقوب بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو،
ئیسرائیلیش بچنە پاڵ ئەو،
جا لەبەرچاوی یەزدان شکۆمەند دەبم و
خوداشم دەبێتە هێزم،
٦ ئەو دەفەرموێت:
«کەمە کە بەندەی من بیت
بۆ هەستانەوەی هۆزەکانی یاقوب و
بۆ گەڕانەوەی ئەوانەی کە لە ئیسرائیل ئەوانم
پاراست،
بەڵکو دەتکەمە ڕووناکی بۆ نەتەوەکان
تاکو ڕزگاریم بەوپەڕی زەوی بگەیەنیت[a].»

٧ یەزدان، پیرۆزەکەی ئیسرائیل، ئەوەی
دەیکڕێتەوە، دەفەرموێت:
بە گیان ڕیسواکراو، بەوەی مایەی ڕقی
نەتەوەیە،
بە خزمەتکاری فەرمانڕەواکان:
«پاشایان دەبینن و هەڵدەستن،
میرانیش کڕنۆش دەبەن،
لەبەر یەزدان کە دڵسۆزە و
لەبەر پیرۆزەکەی ئیسرائیل کە تۆی هەڵبژارد.»

## گەڕانەوەی ئیسرائیل

٨ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«لە کاتی پەسەندیم وەڵامت دەدەمەوە،
لە ڕۆژی ڕزگاریدا یارمەتیت دەدەم،
جا دەتپارێزم و دەتکەمە پەیمان بۆ گەل،
بۆ بوژاندنەوەی زەوی،
بۆ بەمیراتکردنی میراتی چیاوچۆڵەکان،
٩ بە دیلەکان دەڵێت: ”وەرنە دەرەوە،“
بەوانەی لە تاریکیدان: ”ئازاد بن!“

«لەسەر ڕێگاکان دەلەوەڕێن،
لەوەڕگاکانیان لەسەر هەموو گردۆڵکەیەکی
ڕووتەنن.
١٠ نە برسی دەبن و نە تینوو،
نە گەرما لێیان دەدات و نە خۆر،
چونکە ئەوەی بەزەیی پێیاندا دێتەوە ڕێنماییان
دەکات و
بۆ سەر کانیاوەکانیان دەبات.
١١ هەموو چیاکانم دەکەم بە ڕێگا و
ڕێڕەوەکانم بەرز دەبنەوە.
١٢ ئەوەتا ئەمانە لە دوورەوە دێن و
ئەوەتا ئەمانە لە باکوور و ڕۆژئاواوە و
ئەمانەش لە ناوچەی ئەسوانەوە.»

١٣ ئەی ئاسمان، هاواری خۆشی بکە،
ئەی زەوی، شادمان بە!
چیاکان دەکەونە ناو هاواری خۆشییەوە،
چونکە یەزدان دڵنەوایی گەلی خۆی دەکات و
بەزەیی بە زەلیلەکانیدا دێتەوە.

١٤ بەڵام سییۆن گوتی: «یەزدان بەجێی هێشتم!
پەروەردگار لەبیری کردم.»

١٥ «چۆن دایك کۆرپەی شیرەخۆرەی خۆی لەبیر
دەکات،
یان بەزەیی بە بەری سکی خۆی نایەتەوە؟
تەنانەت ئەویش لەبیر دەکات،
بەڵام من تۆ لەبیر ناکەم.
١٦ ئەوەتا لەناو لەپم تۆم هەڵکۆڵیوە،
هەمیشە شووراکانت لەبەرچاومن.
١٧ کوڕەکانت خێرا دەگەڕێنەوە،
ڕووخێنەران و تێکدەرانت لێت دەچنە دەرەوە.
١٨ چاوهەڵبڕە بۆ دەوروبەرت و ببینە!
هەموو کۆبوونەوە، هاتن بۆ لات.»
یەزدان دەفەرموێت: «بە گیانی خۆم،

[a] ٦ بڕوانە لۆقا ٢:٢٩-٣٢.

تۆ هەموویان وەك خشڵ لەبەر دەکەیت،
وەك بووك خۆت بەوان دەڕازێنیتەوە.
١٩ «هەرچەندە بوویت بە شوێنێکی کەلاوە و وێران
و
خاکەکەشت ڕووخێنرا،
بەڵام ئێستا تەنگ دەبیت بۆ دانیشتووان،
لووشدەرانت دوور دەکەونەوە.
٢٠ ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێت لێ دەبێت
کە کوڕانی سەردەمی سك سووتاویت دەڵێن:
”ئەم جێیە تەنگە بۆمان،
جێمان بکەرەوە با نیشتەجێ بین.“
٢١ لە دڵی خۆتدا دەڵێیت:
”کێ ئەمانەی بۆم بوون
کە من سك سووتاو و نەزۆکم،
دوورخراوە و دەربەدەرم؟
ئەی کێ بەخێوی کردن؟
ئەوەتا من بە تەنها مابووم،
ئەمانە لەکوێ بوون؟“»

٢٢ یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من دەست بۆ نەتەوەکان بەرز
دەکەمەوە،
بۆ گەلانیش ئاڵای خۆم بەرز دەکەم،
جا کوڕەکانت بە باوەش دەهێنن و
کچەکانیشت لەسەر شانیان هەڵدەگرن.
٢٣ پاشاکان تۆ پەروەردە دەکەن،
شاژنەکانیان دەبنە دایەنی تۆ،
ڕوویان لە زەوی دەبێت،
کڕنۆشت بۆ دەبەن و تۆزی پێیەکانت
دەلێسنەوە،
ئیتر تۆ دەزانیت کە من یەزدانم.
ئەوانەی شەرمەزار نابن ئەوانەن چاوەڕوانی
منن.»

٢٤ ئایا دەستکەوت لە پاڵەوان دەبردرێت؟
ئایا ڕاپێچکراو لە دەستی ستەمکار دەربازی
دەبێت؟

٢٥ بەڵام یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«تەنانەت ڕاپێچ لە چنگی پاڵەوانیش دەبردرێت،
دەستکەوت لە چنگی زۆرداریش دەرباز
دەبێت.
من دژایەتی دژەکانت دەکەم و
من منداڵەکانت ڕزگار دەکەم.
٢٦ بە ستەمکارانت گۆشتی خۆیان دەرخوارد دەدەم
و
وەك شەرابی شیرین، بە خوێنی خۆیان
سەرخۆش دەبن.
جا هەموو مرۆڤ دەزانێت
من کە یەزدانم ڕزگارکەری تۆم،
ئەوەش کە دەتکڕێتەوە توانادارەکەی یاقوبە.»

## گوناهی ئیسرائیل و ملکەچی بەندە

٥٠ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«کوا تەڵاقنامەی دایکتان
ئەوەی کە من بەڕەڵام کرد پێی؟
یان کێیە لە خاوەن قەرزەکانم
ئەوەی ئێوەم پێی فرۆشتووە؟
ئەوەتا لەبەر تاوانەکانتان فرۆشران،
لەبەر یاخیبوونەکانتان دایکتان بەڕەڵا کرا.
٢ بۆچی هاتم و کەس نەبوو؟
بانگم کرد و کەس وەڵامی نەدایەوە؟
ئایا دەستکورت بووم لە کڕینەوە،
یان توانای ئەوەم تێدا نییە فریا بکەوم؟
ئەوەتا بە ڕاخوڕینم دەریا وشك دەکەم،
ڕووبارەکان دەکەم بە چۆڵەوانی،
لەبەر بێ ئاوی ماسییەکانی بۆگەن دەبن،
لە تینووان دەمرن.
٣ تاریکی دەکەمە بەر ئاسمان،
گوش دەکەم بە پۆشاکی.»

٤ یەزدانی باڵادەست زمانی فێربووانی پێم بەخشی
بۆ ئەوەی بزانم کە چۆن بە قسە یارمەتی
ماندوو بدەم.
هەموو بەیانییەك بەخەبەرم دەهێنێتەوە،
گوێی من بەئاگا دەهێنێت
بۆ سەرنجدان وەك قوتابی.
٥ یەزدانی باڵادەست گوێیەکانی منی کردەوە،
منیش یاخی نەبووم،
بەرەو دوا هەڵنەگەڕامەوە.
٦ پشتم ڕاگرت بۆ ئەوەی لێی بدەن،
ڕوومەتیشم بۆ ئەوەی ڕیشم بڕننەوە.
ڕووی خۆمم دانەپۆشی لە
گاڵتە پێکردن و تف لێکردن.
٧ چونکە یەزدانی باڵادەست یارمەتیم دەدات،
ڕیسوا نابم،
لەبەر ئەوە ڕووی خۆمم وەك بەردەئەستێ
لێکرد،
دەزانم شەرمەزار نابم.
٨ ئەوەی بێتاوانم دەکات نزیکە،
کێ سکاڵا لە من دەکات؟
با پێکەوە ڕابوەستین،
کێ خاوەنی سکاڵایە لە دژی من؟
با لێم بێتە پێش!
٩ ئەوەتا یەزدانی باڵادەست یارمەتیم دەدات،
ئیتر کێ تاوانبارم دەکات؟
ئەوەتا هەموویان وەك کراس دادەڕزێن،
مۆرانە دەیانخوات.

١٠ کێ لە ئێوە لە یەزدان دەترسێت و
گوێڕایەڵی بەندەکەی دەبێت؟
ئەوەی بە تاریکیدا دەڕوات و
ڕووناکی نابینێت،
با پشت بە ناوی یەزدان ببەستێت و
پاڵ بداتە پاڵ خودای خۆی.
١١ بەڵام ئەی هەموو ئەوانەی ئاگر دەکەنەوە،
مەشخەڵ داگیرسێنن،
بڕۆن بە ڕووناکی ئاگرەکەی خۆتان و
بەو مەشخەڵانەی داتانگیرساند.
لە دەستی منەوە ئەمەتان بۆ دەبێت
لەناو ئازاردا ڕادەکشێن.

## ڕزگاریی هەتاهەتایی بۆ ئیسرائیل

٥١ «ئەی ئەوانەی دوای ڕاستودروستی
کەوتوون، گوێم لێ بگرن،
ئەی ئەوانەی ڕوو لە یەزدان دەکەن:
تەماشای ئەو تاشەبەردە بکەن کە لێوەی بڕاون و
کونی ئەو چاڵەی لێوەی هەڵکەنراون،
٢ تەماشای ئیبراهیمی باوکتان بکەن و
سارا ئەوەی ئێوەی بووە،
چونکە کە بانگم کرد تەنها یەك کەس بوو،
بەرەکەتدارم کرد و زۆرم کرد.
٣ بێگومان یەزدان دڵنەوایی سییۆن دەکات،
دڵنەوایی هەموو کاولبووەکانی دەکات.
چۆڵەوانییەکانی وەك عەدەن لێ دەکات و
شیوە وشکەکانی وەك باخچەی یەزدان.
شادی و خۆشی تێدا دەبینرێتەوە،
سوپاس و دەنگی مۆسیقا.

٤ «ئەی گەلی من، گوێم لێ بگرن،
ئەی نەتەوەکەم، گوێم بۆ شل بکەن،
چونکە فێرکردن لەلای منەوە دەردەچێت و
دادپەروەریم بۆ ڕووناکی گەلان دەچەسپێنم.
٥ ڕاستودروستیم نزیکە،
ڕزگاریم بەڕێوەیە،
بازووی من دادوەری بۆ گەلان دەکات.
دوورگەکان چاوەڕێی منن،
هیوایان بە بازووی منە.
٦ چاوتان بۆ ئاسمان هەڵبڕن و
لە ژێرەوە سەیری زەوی بکەن،
چونکە ئاسمان وەك دووکەڵ دەڕەوێتەوە و
زەوی وەك جل دادەڕزێت و
دانیشتووانەکەی وەك مێشوولە دەمرن.
بەڵام ڕزگاریی من بۆ هەتاهەتایە دەبێت،
ڕاستودروستیشم هەرگیز ناڕووخێت.

٧ «ئەی ئەوانەی ڕاستودروستی دەزانن، گوێم لێ بگرن،
ئەی ئەو گەلەی فێرکردنەکەم لەناو دڵیانە:
مەترسن لەوەی خەڵکی گاڵتەتان پێ بکەن،
لە جنێوەکانیان مەتۆقن.
٨ چونکە وەک کراس مۆرانە دەیانخوات و
وەک خوری کرم لێیان دەدات،
بەڵام ڕاستودروستی من بۆ هەتاهەتایە دەبێت و
ڕزگاریشم بۆ نەوەی نەوەکان.»

٩ بەئاگا بە، بەئاگا بە! هێز لەبەر بکە،
ئەی بازووی یەزدان،
بەئاگا بە وەک لە ڕۆژگارە دێرینەکان،
وەک لە سەردەمانی پێشوو!
ئایا تۆ نەبوویت کە ڕەهەڤت لەتکرد،
کە ئەو ئەژدیهایەت بە سەختی پێکا؟
١٠ ئایا تۆ نەبوویت دەریات وشک کرد،
ئاوی دەریا گەورەکەی ژێر زەوی[a]،
ئەوەی قووڵایی دەریای کردە ڕێگا
بۆ پەڕینەوەی ئەوانەی کڕاونەتەوە؟
١١ جا ئەوانەی یەزدان کڕیونیەتیەوە دەگەڕێنەوە،
بە هاواری خۆشییەوە بۆ سییۆن دێن،
شادییەکی هەتاهەتایی لەسەر سەریانە.
خۆشی و شادی پێیان دەگەن و
ناخۆشی و ئاخ هەڵکێشان هەڵدێن.

١٢ «منم، منم کە دڵنەواییتان دەکەم.
تۆ کێیت لە مرۆڤ دەترسیت کە دەمرێت،
یاخود لە ئادەمیزاد کە وەک گیای لێدێت؟
١٣ تۆ کێیت هەتا یەزدان لەیاد بکەیت کە دروستی کردوویت،
کە ئاسمانی لێککردووەتەوە و
زەوی دامەزراندووە،
کە بەردەوام هەموو ڕۆژێک زەندەقت چووە
لە تووڕەیی تەنگاوکەر،
کە ئامادەی کردووە بۆ لەناوبردن؟
بەڵام کوا تووڕەیی تەنگاوکەر؟
١٤ بەم نزیکانە گەلە دیلەکە ئازاد دەکرێن،
لەناو زیندان نامرن،
نانیان کەم نابێت،
١٥ چونکە من یەزدانی پەروەردگارتانم،
ئەوەی دەریا دەهەژێنێت و شەپۆلەکانی دەوروژێنێت،
ناوم یەزدانی سوپاسالارە.
١٦ من وتەکانم خستووەتە دەمی تۆوە و
بە سێبەری دەستم تۆم شاردووەتەوە،
من کە ئاسمانم چاند و
کە زەویم دامەزراند،
کە بە سییۆن بڵێم: "تۆ گەلی منیت."»

## جامی تووڕەیی یەزدان

١٧ بەئاگا بە! بەئاگا بە!
ئۆرشەلیم هەستە!
ئەوەی جامی تووڕەییت
بە دەستی یەزدان خواردەوە،
خڵتی جامی بەلاداهاتنت
خواردەوە و چۆڕاندتەوە.
١٨ کەس نییە ڕێنمایی بکات
لە هەموو ئەو کوڕانەی بۆی لەدایک بوون،
کەس نییە دەستی بگرێت
لە هەموو ئەو کوڕانەی بەخێوی کردن.
١٩ کارەساتەکان بە جووت بە پیرتەوە هاتوون،
کاولبوون و وردوخاشبوون، قاتوقڕی و شمشێر.
کێ دەتوانێت بۆت بلاوێنێتەوە؟
کێ دەتوانێت دڵنەواییت بکات؟
٢٠ کوڕەکانت گڕمۆڵە بوون و ڕاکشان
لەسەر سووچی هەموو شەقامێک
وەک ئاسک لەناو تۆڕدا.
پڕن لە تووڕەیی یەزدان و
لە سەرزەنشتی خودات.

[a] ١٠ بەپێی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کۆن (دەریای ژێر زەوی) هەبوو کە لەژێر زەوی بوو و سەرچاوەی کانیاو و ڕووبارەکان بوو.

٢١ لەبەر ئەوە ئێستا گوێ لەمە بگرە ئەی زەلیلەکە،
ئەی سەرخۆش، بەبێ شەراب سەرخۆش
بوویت.
٢٢ یەزدانی باڵادەستت ئەمە دەفەرموێت،
خوداکەت کە پشتگیری گەلەکەی خۆی
دەکات:
«ئێستا ئەو جامە لە دەستت دەبەم کە وا دەکات
بەلادابێیت،
لەمەودوا لەو جامەی کە جامی تووڕەیی منە
ناخۆیتەوە.
٢٣ دامە دەست ئەشکەنجەدەرانت،
ئەوانەی بە گیانی تۆیان گوت:
"بچەمێوە بۆ ئەوەی بپەڕینەوە."
جا پشتت وەك زەوی دانا
وەك شەقام بۆ ئەوانەی دەپەڕنەوە.»

## ٥٢

ئەی سییۆن، بەئاگا بە! بەئاگا بە!
بەرگی هێزت لەبەر بکە،
ئەی ئۆرشەلیم، شاری پیرۆز،
بەرگی جوانیت بپۆشە،
چونکە ئیتر لەمەودوا نایەتە ناوت
خەتەنە نەکراو و گڵاو.
٢ ئەی ئۆرشەلیم، لەناو خۆڵ هەستە و
خۆت بتەکێنە، لەسەر تەخت دابنیشە.
ئەی ڕاپێچکراوەکە، شاری سییۆن،
کۆتەکانی ملت بکەرەوە.

٣ ئێستا یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«بەخۆڕایی فرۆشران،
بەبێ پارە دەکڕدرێنەوە.»

٤ هەروەها یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«سەرەتا گەلەکەم دابەزین بۆ میسر و ئاوارەبوون
لەوێ،
لەم دواییانەشدا ئاشور ستەمی لێدەکرد.»

٥ یەزدان دەفەرموێت: «ئێستا لێرە چیم هەیە؟
«گەلەکەم بەخۆڕایی بردرا و
فەرمانڕەواکانی دەلوورێنن،
بەردەوام بە درێژایی ڕۆژیش
کفر بە ناوی من دەکرێت.
٦ لەبەر ئەوە گەلەکەم بە ناوی من ئاشنا دەبن،
لەو ڕۆژەدا دەزانن
ئەوەتام، ئەوە منم کە ئەم بەڵێنە دەدەم.»
یەزدان دەفەرموێت.

٧ چەند جوانە لەسەر چیاکان
پێیەکانی مزگێنیدەران،
ڕاگەیەنەری ئاشتی،
مزگێنیدەری خۆشی،
ڕاگەیەنەری ڕزگاری،
ئەوانەی بە سییۆن دەڵێن:
«خودات پاشایەتی دەکات!»
٨ گوێ بگرە! ئێشکگرەکانت دەنگیان هەڵدەبڕن،
پێکەوە هاواری خۆشی دەکەن،
بە چاوی خۆیان دەبینن
کاتێك یەزدان دەگەڕێتەوە بۆ سییۆن.
٩ ئەی کەلاوەکانی ئۆرشەلیم،
پێکەوە بە خۆشی گۆرانی بڵێن،
چونکە یەزدان دڵنەوایی گەلەکەی خۆی دەکات،
بێگومان ئۆرشەلیم دەکڕێتەوە.
١٠ یەزدان بازووی پیرۆزی خۆی هەڵدەکات
لەبەرچاوی هەموو نەتەوەکان،
هەر چوار لای زەویش
ڕزگاریی خودای ئێمە دەبینن.

١١ ئەی هەڵگرانی کەلوپەلی پەرستگای یەزدان،
جیا بنەوە، جیا بنەوە، لە بابل بچنە دەرەوە!
دەست مەدەنە هیچ گڵاوێك!
لەناوەڕاستی بێنە دەرەوە، خۆتان پاك بکەنەوە!
١٢ بەڵام بە پەلە دەرناچن،
بە هەڵاتن ناڕۆن،
چونکە یەزدان لەبەردەمتانەوە دەڕوات،
خودای ئیسرائیل پاشڕەو و پارێزەرتانە.

## ئازار چێژتنی بەندەی یەزدان

١٣ ببینە، بەندەکەم وا بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکات،
بەرز و بڵند و زۆر پایەبەرز دەبێت.
١٤ وەك ئەوەی زۆر کەس واقیان لێی وڕما،
دیمەنی وەك مرۆڤ نەبوو،
وێنەی لە ئادەمیزاد نەدەچوو.
١٥ ئاوا زۆر لە نەتەوەکان دەپرژێنێت،
لەبەر ئەو پاشایان دەمی خۆیان دەگرن،
چونکە ئەوەی بۆیان باس نەکرابوو دەیبینن،
ئەوەی نەیانبیستبوو تێی دەگەن.

٥٣ کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد و
هێزی یەزدان بۆ کێ دەرکەوت؟
٢ بەندەکە وەك چەکەرە لەبەردەمی باڵای کرد،
وەك ڕەگ لە خاکێکی تینوو گەشەی کرد.
نە جوانی هەبوو و نە پایەبەرزی هەتا
سەرنجمان بۆی بچێت،
نە دیمەن هەتا ئارەزووی بکەین.
٣ ڕیسوا و سووك لەلایەن خەڵکەوە،
پیاوی ئازار و شارەزای ناخۆشی.
وەك یەکێك خەڵك ڕووی خۆیانی لێ بشارنەوە،
ڕیسوا بوو و بە هیچمان نەزانی.

٤ بە دڵنیاییەوە دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت،
ئازارەکانی ئێمەی برد،
ئێمەش وامانزانی لەلایەن خوداوە گورزی
بەرکەوتووە،
لێی دراوە و زەلیلە.
٥ بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو،
لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا.
ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت،
بە برینەکانی ئەو چاك بووینەوە.
٦ هەموو وەك مەڕ بڵاوەمان کردووە،
هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە،
بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی
خستە سەر ئەو.

٧ زەلیل کرا و ستەمیان لێکرد،
بەڵام دەمی نەکردەوە.
ئەو وەك بەرخ بۆ سەربڕین بردرا،
وەك چۆن مەڕێك لەبەردەستی ئەوانەی
خوورییەکەی دەبڕنەوە بێدەنگە،
ئەو دەمی نەکردەوە.
٨ بە ستەم و حوکم بەسەردادان بردرا.
بەڵام کێ لە نەوەی سەردەمی خۆی لە دژی
وەستایەوە؟
چونکە لە جیهانی زیندووان هەڵگیرا،
لەبەر یاخیبوونی گەلەکەم ئەو لێی درا.
٩ گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا،
دوای مردنی لە گۆڕی دەوڵەمەندێك نێژرا،
هەرچەندە ستەمکاری نەکرد و
فڕوفێڵی لەسەر زار نەبوو.

١٠ بەڵام خواستی یەزدان بوو وردوخاشی بکات و
ئازار بکێشێت،
لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان ژیانی کرد بە قوربانی
تاوان،
نەوە و ڕۆژگاری درێژ دەبینێت،
خواستی یەزدان بە دەستی ئەو سەردەکەوێت.
١١ لەدوای ئەو ئازارەی بەرگەی گرت،
ڕووناکی ژیان دەبینێت و تێر دەبێت،
بە زانینی بەندە ڕاستودروستەکەم زۆر کەس
بێتاوان دەکات و
ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت.
١٢ لەبەر ئەوە لەگەڵ مەزنەکان بەشی دەدەم،
لەگەڵ بەهێزەکان دەستکەوت بەش دەکات،
چونکە بۆ مردن گیان لەسەر دەست بوو و
لەگەڵ یاخیبووان ژمێردرا،
لەبەر ئەوەی گوناهی زۆر کەسی هەڵگرت و
داکۆکی لە یاخیبووان کرد.

## شکۆی داهاتوو بۆ سییۆن

٥٤ «ئەی نەزۆك، گۆرانی بڵێ،
ئەی ئەوەی منداڵت نەبووە،

ئەی ئەوەی ژانت نەگرتووە،
لە خۆشیدا هاوار بکە و گۆرانی بڵێ،
چونکە منداڵی ژنی بەجێهێڵراو
زیاترن لەوەی مێردی لەگەڵیەتی،»
یەزدان دەفەرموێت.
٢ «شوێنی ڕەشماڵەکانت فراوان بکە،
پەردەی نشینگەکانت لێك بکەرەوە،
دەست مەگێڕەوە،
گوریسەکانت درێژ بکە و
سنگەکانت توند بچەقێنە.
٣ چونکە بەلای ڕاست و چەپدا پەل دەهاوێیت،
نەوەی تۆ نەتەوەکان دەردەکەن و
شارە وێرانەکان ئاوەدان دەکەنەوە.

٤ «مەترسە چونکە ڕیسوا نابیت،
گاڵتەت پێ ناکرێت چونکە شەرمەزار نابیت.
ڕیسوایی سەردەمی گەنجێتیت لەبیر دەکەیت،
ئیتر شورەیی بێوەژنییێتیت بەبیر نایەتەوە.
٥ چونکە مێردی[a] تۆ دروستکەرەکەی تۆیە،
ناوی یەزدانی سوپاسالارە.
ئەوەی دەتکڕێتەوە پیرۆزەکەی ئیسرائیلە،
پێی دەگوترێت خودای هەموو زەوی.
٦ چونکە وەك ژنێکی بەجێماو و ڕۆح پڕ لە ژان
یەزدان بانگت دەکاتەوە،
وەك ژنێك کە لە گەنجیدا شووی کردبێت و
ڕەتکرابێتەوە،»
خودات دەفەرموێت.
٧ «بۆ ساتێکی کەم بەجێم هێشتیت،
بەڵام بە بەزەییەکی زۆرەوە کۆت دەکەمەوە.
٨ بە زریانی تووڕەییەوە
بۆ ساتێك ڕووی خۆمم لێت داپۆشی،
بەڵام بە خۆشەویستی نەگۆڕی هەتاهەتایی
بەزەییم پێتدا هاتەوە،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی دەتکڕێتەوە.

٩ «چونکە ئەمە وەك لافاوی نوحە بۆ من
ئەوەی سوێندم خوارد، کە لافاوەکەی
نوح جارێکی دیکە بەسەر زەویدا
تێنەپەڕێت.
ئاوا سوێندم خوارد، کە لێت تووڕە نەبم و
لێت ڕانەخوڕم.
١٠ هەرچەندە چیاکان نامێنن و
گردەکان دەهەژێن،
بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕی من بۆ تۆ دەمێنێت
و
پەیمانی ئاشتیم ناهەژێت،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی بەزەیی پێتدا
دێتەوە.

١١ «ئەی شارە زەلیلەکە، زریان لێداوەکە، دڵنەوایی
نەکراوەکە،
ئەوەتا من بەردەکانت بە بەردە پیرۆزە[b] لەسەر
ڕیز دەکەم،
بە یاقووتی شین[c] دادەمەزرێنم.
١٢ قوللەکانت دەکەم بە یاقووت[d] و
دەروازەکانیشت بە بەردی پڕشنگدار،
هەموو سنوورەکانیشت بە بەردی گرانبەها.
١٣ هەموو کوڕەکانت لە یەزدانەوە فێر دەبن و
ئاشتی منداڵەکانت زۆر دەبێت.
١٤ بە ڕاستودروستی دەچەسپێیت
دوور لە جەوروستەم،
چونکە هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی بترسیت،
هەروەها دووریت لە تۆقینیش،
چونکە لێت نزیك ناکەوێتەوە.
١٥ ئەگەر پەلامار درایت، ئەوە لەلایەن منەوە
نابێت،
ئەوەی هێرش دەکاتە سەرت، دەبێتە ژێر
دەستت.

[a] ٥ پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەچووێنرێت، لە ڕووی ئەرك و وەفا و گوێڕایەڵییەوە.

[b] ١١ بەردە پیرۆزە: بەردێکی شینی سەوزباو.
[c] ١١ یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.
[d] ١٢ یاقووت: گەوهەری سووری تێر.

١٦ «ئەوەتا من ئاسنگەرم بەدیهێنا
کە کوورەی ئاگری خەڵووز دەم دەدات،
چەکی گونجاو دروستدەکات،
هەروەها من لەناوبەرم بەدیهێنا بۆ ئەوەی
بفەوتێنێت.
١٧ هەر چەکێك لە دژی تۆ شێوەی بکێشرێت
سەرناکەوێت و
هەر زمانێك لە دادگا لە دژی تۆ ڕادەوەستێت
بەرپەرچی دەدەیتەوە.
ئەمە میراتی خزمەتکارانی یەزدانە،
بێتاوانیتان لەلایەن منەوەیە،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## بانگهێشتکردنی تینووەکان

٥٥ «هۆ ئەی هەموو تینووەکان، وەرن،
وەرن بۆ ئاو[a]،
ئەوانەش کە پارەیان نییە،
وەرن، بکڕن و بخۆن!
وەرن ئێوە پارە مەدەن، بەبێ نرخ
شەراب و شیر بکڕن.
٢ بۆچی پارە بە شتێك بەهەدەر دەدەن کە نان
نییە؟
بۆچی کارێك دەکەن لە پێناوی شتێك کە تێرتان
ناکات؟
بە تەواوی گوێم لێ بگرن و ئەوە بخۆن کە باشە،
با گیانتان تام لە چەوری وەربگرێت.
٣ گوێتان شل بکەن و وەرنە لام،
گوێ بگرن بۆ ئەوەی گیانتان بژییێت.
پەیمانی هەتاهەتاییتان لەگەڵدا دەبەستم،
خۆشەویستی نەگۆڕ و چەسپاوم بۆ داود.
٤ ئەوەتا کردم بە شایەت بەسەر نەتەوەکانەوە،
ڕابەر و فەرماندە بۆ نەتەوەکان.
٥ ئەوەتا ئەو نەتەوانەی نایانناسیت بانگیان
دەکەیت و
ئەو نەتەوانەی ناتناسن بۆ لات ڕادەکەن،
لەبەر یەزدانی پەروەردگارت،
لەبەر پیرۆزەکەی ئیسرائیل،
چونکە شکۆمەندی کردیت.»
٦ ڕووتان لە یەزدان بکەن هەتا کاتی ماوە،
لێی بپاڕێنەوە کە هێشتا نزیکە.
٧ با بەدکار واز لە ڕێگای خۆی بهێنێت و
خراپەکاریش لە بیرکردنەوەکانی،
با بگەڕێتەوە لای یەزدان، ئەویش بەزەیی پێدا
بێتەوە،
بۆ لای خودامان چونکە زۆر لێبوردەیە.
٨ «بێگومان بیرکردنەوەی من بیرکردنەوەی ئێوە
نییە و
ڕێگاکانی ئێوەش ڕێگاکانی من نین،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٩ «بە بەرزی ئاسمان بەسەر زەوییەوە،
ئاواش بەرزە ڕێگاکانم بەسەر ڕێگاکانتان و
بیرکردنەوەم بەسەر بیرکردنەوەتان.
١٠ هەروەك چۆن باران و بەفر
لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە و
ناگەڕێنەوە ئەوێ،
بەڵکو زەوی ئاو دەدەن و
وای لێ دەکەن بەرهەم بدات و ڕووەکی لێ
بڕوێت و
تۆو بدات بۆ تۆوکردن و نان بۆ خواردن،
١١ فەرمایشتەکەم ئاوا دەبێت کە لە دەممەوە دێتە
دەرەوە:
بە بەتاڵی ناگەڕێتەوە بۆم،
بەڵکو ئەوەی من پێم خۆشە دەیکات و
سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بۆی دەنێرم.
١٢ ئەو کاتە بە خۆشییەوە دەچنە دەرەوە و
بە ئاشتییەوە ڕابەرایەتیتان دەکرێت،
چیاکان و گردەکان
لەبەردەمتان دەکەونە هاواری خۆشییەوە،
هەموو دارەکانی دەشتودەریش
بە دەست چەپڵە لێ دەدەن.

١ [a] ئاو: هێمایە بۆ ژیان و بەزەیی خودا.

١٣ لە جێی دڕك سنەوبەر دەڕوێت و
لە جێی چقڵیش مۆرد دەڕوێت،
بۆ یەزدان دەبێت بە ناوێك،
نیشانەیەکی هەتاهەتایی
کە لەناو ناچێت.»

## ڕزگاری بۆ ئەوانەی دوورن

٥٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
«دادپەروەری بپارێزن و
ڕاستودروستی ئەنجام بدەن،
چونکە بەم نزیکانە ڕزگاریم دێت و
ڕاستودروستیم ئاشکرا دەبێت.
٢ خۆزگە بەو مرۆڤەی ئەمە دەکات و
بەو ئادەمیزادەی توند دەستی پێوە دەگرێت،
ئەوەی ڕۆژی شەممە لە گڵاوبوون دەپارێزێت و
دەستی دەپارێزێت لە کردنی هەموو
خراپەیەك.»

٣ با ئەو بیانییەی خۆی داوەتە پاڵ یەزدان نەڵێت:
«یەزدان بە تەواوی جیام دەکاتەوە لە
گەلەکەی.»
با خەساویش نەڵێت:
«ئەوەتا من تەنها دارێکی وشکم،»

٤ چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەو خەساوانەی ڕۆژەکانی شەممەم دەپارێزن،
ئەوە هەڵدەبژێرن کە دڵم پێی خۆشە و
دەستیان بە پەیمانەکەمەوە گرتووە،
٥ لەناو پەرستگای خۆم و دیوارەکانی
یادەوەری و ناویان پێدەدەم،
لە کوڕان و لە کچان باشترن بۆیان.
ناوێکی هەتاهەتاییان پێدەدەم
کە نابڕدرێتەوە.
٦ ئەو بیانییانەش کە خۆیان داوەتە پاڵ یەزدان
بۆ پەرستنی و
بۆ خۆشویستنی ناوی یەزدان
هەتا بۆی ببن بە بەندە،
هەموو ئەوانەی ڕۆژی شەممە لە گڵاوبوون
دەپارێزن و
دەستیان بە پەیمانەکەمەوە گرتووە
٧ دەیانهێنمە کێوی پیرۆزم،
لەماڵی نوێژم دڵخۆشیان دەکەم.
قوربانی سووتاندن و سەربڕاویان
مایەی ڕەزامەندین لەسەر قوربانگاکەم،
چونکە ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت
بۆ هەموو گەلان.»
٨ یەزدانی باڵادەست،
ئەوەی دوورخراوەکانی ئیسرائیل کۆدەکاتەوە،
دەفەرموێت:
«زیاتر کۆدەکەمەوە
لەگەڵ ئەوانەی کە کۆمکردوونەتەوە.»

## خودا بەدکاران تاوانبار دەکات

٩ ئەی هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر،
ئەی هەموو گیانلەبەرانی دارستان، وەرن،
بخۆن!
١٠ ئێشکگرەکانی گەل هەموو کوێرن،
نەزانن.
هەموو سەگی لاڵن،
ناتوانن بوەڕن.
خەونبین و پاڵکەوتوون،
حەزیان لە خەوە.
١١ سەگەکان چاو برسین،
تێربوون نازانن.
ئەوان شوانن و تێناگەن،
هەموو ملی ڕێی خۆیان گرت،
هەریەکە و بۆ قازانج لەلای خۆیەوە.
١٢ دەڵێن: «وەرن شەراب دەهێنم!
با مەی بنۆشین!
بەیانیش وەك ئەمڕۆ دەبێت،
بەڵکو زۆر باشتریش.»

٥٧ ڕاستودروستان لەناودەچن،
کەسیش لە دڵی خۆیدا بیر لەمە
ناکاتەوە.
خودا خۆشەویستانی بۆ لای خۆی دەگەڕێنێتەوە،
بەڵام کەس تێناگات
کە ڕاستودروست بۆ لای خۆی دەگەڕێنێتەوە
بۆ ئەوەی لە خراپە ڕزگاریان بکات.
٢ ئەوەی ڕێگای ڕاستی گرتووەتەبەر
دێتە ناو ئاشتییەوە،
لەناو تابووتەکانیان دەحەسێنەوە.

٣ «بەڵام ئێوە، ئەی کوڕانی ژنە بەخت خوێنەرەکە،
توخمی داوێنپیسە لەشفرۆشەکان، وەرنە
پێشەوە!
٤ گاڵتە بە کێ دەکەن؟
لە کێ دەم دەکەنەوە و
زمان درێژ دەکەن؟
ئەی ئێوە کوڕانی یاخیبوون و
توخمی درۆ نین؟
٥ ئێوە لەنێو دار بەڕووەکان،
لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا جۆش دەستێنن،
ئەوانەی منداڵان لە شیوەکان و
لەژێر کەلەبەرەکانی تاوێرەکاندا دەکەنە
قوربانی.
٦ بەشت ئەو بتانەیە کە لەنێو بەردە لووسەکانی
شیوەکانن،
ئەوان، ئەوان تیروپشکی تۆن.
هەروەها بۆ ئەوان شەرابی پێشکەشکراو و
پێشکەشکراوی دانەوێڵەت پێشکەش کرد.
ئایا لەبەر ئەمە پاشگەز ببمەوە؟
٧ جێگای نوستنت لەسەر کێوێکی بەرز و بڵند
داناوە،
بۆ ئەوێ سەرکەوتیت تاوەکو قوربانی
سەرببڕیت.
٨ لە پشت دەرگا و چوارچێوەکەی
هێمای بتەکەتت داناوە.
پشتت لە من کرد و خۆتت ڕووت کردەوە،
سەرکەوتیتە سەر جێگای خەوی خۆت و
فراوانت کرد.
پەیمانت لەگەڵ بتەکاندا بەست،
حەزت بە داوێنپیسی لەگەڵیان کرد،
ناموسی ئەوانت بینی.
٩ بە زەیتەوە چوویتە لای مۆلەخ[a] و
بۆنوبەرامی خۆتت زیاد کرد.
نێردراوەکانت بۆ دوور نارد،
شۆڕ بوویتەوە هەتا جیهانی مردووان!
١٠ درێژی گەشتەکانت ماندووی کردیت،
کەچی نەتگوت: "ئەمە بێ ئومێدییە."
هێزێکی نوێت دۆزییەوە
لەبەر ئەوە شەکەت نەبوویت.

١١ «لە کێ ترسایت و تۆقیت
وا ناپاکیت لەگەڵ کردم،
منت لە دڵت نەهێشتەوە و
لەبیرت کردم؟
ئایا لەبەر ئەوەی من ماوەیەکی زۆرە بێدەنگم
لە من نەترسایت؟
١٢ من ڕاستودروستی و کردەوەکانت دەخەمە ڕوو،
کە هیچ سوودیان بۆت نییە.
١٣ کاتێك هاوار دەکەیت،
بتە کۆکراوەکانت با فریات بکەون!
بای گێژەڵوکە هەموویان هەڵدەگرێت،
تەنانەت شنەبا دەیانبات.
بەڵام ئەوەی پەنای داوەتە پاڵ من
دەبێت بە میراتگری خاکەکە،
کێوی پیرۆزم دەبێت بە موڵکی.»

## ژیاندنەوەی دڵشکێنراوەکان

١٤ یەزدان دەفەرموێت:

---

[a] ٩ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣:٢٨.

«ڕێگاکە بنیاد بنێنەوە، بنیادی بنێنەوە و ئامادەی
بکەن!
کۆسپ لە ڕێگای گەلەکەم هەڵبگرن.»
١٥ چونکە خودای بەرز و بڵند کە بە نەمری
نیشتەجێیە،
ناوی پیرۆزە، ئەمە دەفەرموێت:
«لە جێی بەرز و پیرۆز نیشتەجێم،
هەروەها لەگەڵ ئەوانەدام
کە دڵشکێنراون و بێفیزن،
بۆ ئەوەی بێفیز و دڵشکێنراوەکان بژیێنمەوە.
١٦ هەتاسەر کێشمەکێش ناکەم و
هەتا کۆتایی تووڕە نابم،
چونکە ڕۆح لەبەردەمم گرژ دەبێت،
هەناسەی مرۆڤ کە من دروستم کردووە.
١٧ لەبەر تاوانی چاوچنۆکییەکەی تووڕە بووم،
لێم دا، لە تووڕەییدا ڕوخساری خۆمم شاردەوە،
بەڵام هەر بە ڕێگای دڵی خۆی بەردەوام بوو لە
یاخیبوون.
١٨ ڕێگاکانی ئەوم بینی بەڵام چاکی دەکەمەوە،
ڕێنمایی دەکەم و دڵی خۆی و
شیوەنگێڕەکانیشی دەدەمەوە،
١٩ وا دەکەم بەرهەمی لێوەکانیان سوپاسگوزاری
بێت.
ئاشتی! ئاشتی بۆ دوور و بۆ نزیك،
چاکیشی دەکەمەوە،»
یەزدان دەفەرموێت.
٢٠ بەڵام بەدکاران وەك دەریای هەڵچوون
کە ناتوانێت ئارام بێتەوە،
ئاوەکانی لیتە و قوڕاو فڕێدەدات.
٢١ خودام دەفەرموێت: «ئاشتی بۆ بەدکاران نییە.»

## ڕۆژووگرتنی ڕاستەقینە

٥٨ «پڕ بە گەرووت هاوار بکە و
مەیگەڕێنەوە،
وەك کەڕەنا دەنگت بەرز بکەوە!
یاخیبوونەکەی گەلەکەم بە خۆیان ڕابگەیەنە،
گوناهەکانی بنەماڵەی یاقوبیش بە خۆیان.
٢ ڕۆژ بە ڕۆژ داوای من دەکەن و
خۆیان وا دەردەخەن کە بە پەرۆشن بۆ زانینی
ڕێگاکانم،
وەك نەتەوەیەك ڕاستودروستی ئەنجام دابێت و
حوکمەکانی خودای خۆیان پشتگوێ
نەخستبێت.
داوای حوکمەکانی ڕاستودروستیم لێ دەکەن و
خۆیان وا دەردەخەن کە بە پەرۆشن بۆ
نزیکبوونەوە لە خودا.
٣ دەڵێن: ”بۆچی بەڕۆژوو بووین و سەیرت
نەکردین،
خۆمان زەلیل کرد و پێت نەزانین؟“

«وا لە ڕۆژی بەڕۆژوبوونتان خۆشی دەبینن و
هەموو کرێکارەکانتان دەچەوسێننەوە.
٤ وا سەرئەنجامی ڕوژووگرتنتان دەبێتە شەڕ و
ناکۆکی،
بە خراپە مست لە یەکتری دەوەشێنن.
ئەمڕۆ بەڕۆژوو نابن
بۆ ئەوەی لە ئاسمان دەنگتان ببیسترێت.
٥ ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووەیە کە من دەمەوێت؟
مرۆڤ تەنها ڕۆژێك گیانی خۆی زەلیل دەکات،
وەك زەل سەری دادەنەوێنێت و
لەسەر گوش و خۆڵەمێش ڕادەکشێت؟
ئایا ئەمە ناو دەنێیت ڕۆژوو،
یان ڕۆژێکی پەسەند لەلای یەزدان؟

٦ «ئایا ئەمە ئەو ڕۆژووە نییە کە من دەمەوێت،
کۆتی ستەمکاری بکرێتەوە و
گرێیەکانی نیر شل بکرێنەوە،
چەوساوەکان بەڕەڵا بکرێن و
هەموو نیرێك بشکێنن؟
٧ ئایا ئەوە نییە کە نانی خۆت بۆ برسی لەت
بکەیت و
هەژارە بێ لانەکان ببەیتەماڵەوە،
کە ڕووتێکت بینی پۆشتەی بکەیت و

خۆت لە خزمەکانی خۆت نەشاریتەوە؟
٨ ئەوسا ڕووناکیت وەك بەیان پڕشنگ دەداتەوە،
تەندروستیت بە خێرایی چرۆ دەکات،
ڕاستودروستیت لەپێشتەوە دەڕوات و
شکۆمەندی یەزدانیش پاشڕەو و پارێزەری تۆیە.
٩ ئەوسا هاوار دەکەیت و یەزدان وەڵام دەداتەوە،
هاواری فریاکەوتن دەکەیت، ئەویش پێت
دەفەرموێت: ئەوەتام.

«ئەگەر بەرگی ستەم لە خۆت داماڵیت و
واز لە قسەی بەد و تاوانبارکردنی خەڵکی
بهێنێت،
١٠ هەروەها ئەگەر خۆت بۆ برسی ماندوو بکەیت و
پێداویستی زەلیل دابین بکەیت،
ئاوا ڕووناکیت لەناو تاریکی دەدرەوشێتەوە و
تاریکی ئەنگوستەچاوت وەك نیوەڕۆ دەبێت.
١١ یەزدان هەمیشە ڕێنماییت دەکات و
لە خاکی ڕووتەندا گیانت تێر دەکات و
جەستەت بەهێز دەکات.
وەك باخچەیەکی تێر ئاوت لێدێت،
کانییەك کە ئاوی لێ نەبڕێت.
١٢ گەلی تۆ کەلاوە داڕووخاوە کۆنەکان بنیاد
دەنێنەوە،
بناغەکان هەڵدەستێننەوە، کە لە نەوەکانی
پێشووەوەیە،
ئینجا ناوت لێ دەنێن، "بنیادنەرەوەی شوورا" و
"ئاوەدانکەرەوەی کۆڵانەکان".

١٣ «ئەگەر بە پێیەکانت ڕۆژی شەممەت نەشکاند،
لە ڕۆژی پیرۆزم بە ئارەزووی خۆت نەکەیت،
ئەگەر ڕۆژی شەممە بە ڕۆژی خۆشی دابنێیت و
ڕۆژی پیرۆزی یەزدان، ڕێزدارە،
ئەگەر ڕێزی لێ بگریت بەوەی ڕێگای خۆت
ئەنجام نەدەیت و
بەدوای خۆشی خۆتەوە نەبیت و قسەکانی
خۆت نەکەیت،
١٤ ئەوسا خۆشی لە یەزدان دەبینیت و
سواری بەرزاییەکانی زەویت دەکەم و
میراتەکەی یاقوبی باوکت دەرخوارد دەدەم.»
یەزدان بە دەمی خۆی فەرمووی.

## گوناه، دانپێدانان و کڕینەوە

٥٩ بێگومان یەزدان بێ دەسەڵات نییە بۆ
ڕزگارکردن،
گوێشی گران نییە بۆ بیستن،
٢ بەڵکو تاوانەکانتان بوون بە بەربەست
لەنێوان ئێوە و خوداتان،
گوناهەکانتان بەم جۆرەی کرد ڕووی خودای لێ
شاردنەوە
تاکو گوێتان لێ نەگرێت.
٣ لەبەر ئەوەی لەپی دەستتان بە خوێن گڵاو بوو و
پەنجەکانیشتان بە تاوان،
لێوەکانتان بە درۆ دوان و
زمانیشتان ناڕەوایی دەگوتەوە.
٤ کەس نییە بە ڕاستودروستی بچێتە دادگا و
کەس نییە بە ڕاستگۆیی سکاڵا بکات.
پشت بە شتی پووچ دەبەستن و بە درۆ دەدوێن.
بە ئاژاوە دووگیان دەبن و خراپەیان لێ دەبێت.
٥ هێلکەی ماریان هەڵهێنا،
تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەچنن.
ئەوەی هێلکەیان دەخوات دەمرێت،
ئەوانەش کە دەشکێن مار هەڵدێنن.
٦ تەونەکانیان نابێتە بەرگ و
خۆیان بە کردارەکانیان ناپۆشن،
کردارەکانیان کرداری خراپەن و
کردەوەی دەستیان ستەمە.
٧ پێیەکانیان بەرەو خراپە ڕادەکەن،
پەلە دەکەن بۆ ڕشتنی خوێنی بێتاوان.
بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەی خراپەیە،
وێرانی و تێکشکاندن لە ڕێگاکانیان هەیە.
٨ ڕێگای ئاشتی پێنازانن،
دادپەروەری نییە لە ڕێچکەکانیان.
ڕێڕەوەکانی خۆیان خوار کرد،

هەموو ئەو کەسانەی پێیدا دەڕۆن ئاشتی
نازانن.
[٩] لەبەر ئەمە دادپەروەری لێمان دوورکەوتەوە و
ڕاستودروستی پێمان ناگات.
چاوەڕێی ڕووناکی دەکەین و ئەوەتا تاریکی
دێت،
بە هیوابن ڕۆشنایی بێت،
بەڵام بە تاریکی ئەنگوستەچاودا دەڕۆین.
[١٠] وەك کوێر دەست لە دیوار دەدەین،
وەك یەکێك دوو چاوی نەبێت دەست
دەکوتین.
لە نیوەڕۆدا هەروەك کاتی تاریك و ڕوونی پەل
دەکوتین،
لەنێو چالاکەکان وەك مردوو واین.
[١١] هەمووومان وەك ورچ دەباڕێنین،
وەك کۆتر دەگمێنین،
چاوەڕێی دادپەروەری دەکەین و نییە،
بە هیوای ڕزگارین،
بەڵام لێمان دوور دەکەوێتەوە.

[١٢] بێگومان یاخیبوونەکانمان لە بەرامبەر تۆدا زۆر
بوون،
گوناهەکانمان شایەتیمان لەسەر دەدەن.
یاخیبوونەکانمان پێمانەوە لکاون،
دان بە تاوانەکانی خۆماندا دەنێین:
[١٣] یاخیبوون و ناپاکی لە دژی یەزدان،
لادان لە ڕێگای خودای خۆمان،
هاندان بۆ ستەم و هەڵگەڕانەوە،
دروستکردنی درۆ لە دڵەوە و بە ساختە
قسەکردن.
[١٤] دادپەروەری هەڵدەدرێتە دواوە و
ڕاستودروستی پشتگوێ دەخرێت.
ڕاستی لە گۆڕەپانی شاردا کەوتوو و
ڕاستگۆیی ڕێگا نادرێت بێتە ژوورەوە.
[١٥] ڕاستی ون بووە و
ئەوەی لە خراپە لادەدات دەبێت بە نێچیر.

یەزدان بینی و لەبەرچاوی خراپ بوو
کە دادپەروەری نەبوو.
[١٦] بینی کەس نەبوو،
سەرسام بوو کە ناوبژیوان نەبوو.
بە هێزی بازووی خۆی ڕزگاری کردین،
ڕاستودروستی خۆی پاڵپشتی کرد.
[١٧] ڕاستودروستی وەك سپەر[a] لەبەرکرد و
کڵاوی ئاسنینی ڕزگاریش لەسەری،
بەرگی تۆڵەسەندنەوەی لەبەرکرد،
دڵگەرمیشی وەك کەوا لە خۆی پێچا.
[١٨] بەگوێرەی کردەوەکان لە ناحەزانی تووڕە دەبێت،
سزای ڕەوای دوژمنانی دەدات،
بە تەواوی سزای دوورگەکانیش دەدات.
[١٩] خەڵکی ڕۆژئاوا لە ناوی یەزدان دەترسن،
خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شکۆمەندییەکەی،
چونکە یەزدان وەك لافاو دێت،
بە هەناسەی خۆی پاڵی پێوە دەنێت.

[٢٠] «ئەوەی دەمانکڕێتەوە دێت بۆ سییۆن،
بۆ لای ئەوانەی نەوەی یاقوب کە لە
گوناهەکانیان تۆبەیان کرد.»
ئەمە فەرمایشتی یەزدانە.

[٢١] یەزدان دەفەرموێت: «ئەمەش پەیمانی منە
لەگەڵ ئەوان: ڕۆحم لەگەڵتدایە و وتەکانی خۆمم
خستووەتە دەمی تۆوە، نە لە دەمی خۆت و نە لە
دەمی نەوەت و نە لە دەمی نەوەی دوای نەوەت
نابڕێنەوە، لە ئێستاوە و هەتاهەتایە،»
یەزدان دەفەرموێت.

## شکۆمەندی سییۆن

٦٠ «ئەی ئۆرشەلیم هەستە! پرشنگ بدەوە،
چونکە ڕووناکییت هات،
شکۆمەندی یەزدانیش بەسەرتدا گزنگی داوە.
[٢] ئەوەتا تاریکی زەوی داپۆشیوە و

---

[a] ١٧ جلێکی ئاسنینە بۆ پاراستنی سنگی سەرباز لە کاتی جەنگدا. بڕوانە ئەفەسۆس ١٤:٦.

هەوری تاریش نەتەوەکان.
بەڵام یەزدان بەسەر تۆدا گزنگ دەدات،
شکۆمەندییەکەشی بەسەرتەوە دەبینرێت.
٣ نەتەوەکان بەرەو ڕووناکی تۆ دێن،
پاشاکانیش بەرەو گزنگی ڕووناکییت.

٤ «چاو هەڵبڕە بۆ دەوروبەری خۆت و تەماشا بکە!
هەموو کۆبوونەوە و بۆ لای تۆ هاتن،
کوڕەکانت لە دوورەوە دێن و
کچەکانیشت لە ئامێز دەگرن.
٥ ئینجا تەماشا دەکەیت و ڕووناکییت لێ دەبارێت،
لە خۆشیدا دڵت دادەخورپێت،
چونکە سامانی دەریا بۆ تۆ دەگوازرێتەوە،
دەوڵەمەندی نەتەوەکان بۆ لای تۆ دێت.
٦ ڕەوە وشتر زەویت دادەپۆشێت،
وشترەکانی میدیان و عێفا.
هەموو لە شەباوە دێن،
زێڕ و بخووریان بارکردووە،
ستایشی یەزدان ڕادەگەیەنن.
٧ هەموو مەڕی قێدار بۆ تۆ کۆدەکرێتەوە،
بەرانەکانی نەبایۆت لەژێر دەستتدان،
بە پەسەندییەوە سەردەخرێنە سەر قوربانگاکەم
و
پەرستگای شکۆمەندیم شکۆمەند دەکەم.

٨ «ئەوانە کێن وەك هەور دەفڕن و
وەك کۆتر بەرەوماڵەکانیان؟
٩ بێگومان دوورگەکان چاوەڕوانی منن،
هەروەها کەشتییەکانی تەرشیش لەپێشەوەن
بۆ هێنانی کوڕەکانت لە دوورەوە،
زێڕ و زیوەکانیشیان لەگەڵیاندایە
بۆ ناوی یەزدانی پەروەردگارت،
خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل
کە شکۆداری کردیت.

١٠ «نەوەی بێگانە شووراکانت بنیاد دەنێنەوە،
پاشاکانیان خزمەتت دەکەن.
هەرچەندە لە کاتی تووڕەییمدا لێم دایت،
بەڵام لە کاتی ڕەزامەندیمدا بەزەییم پێتدا
هاتەوە.
١١ دەروازەکانت هەمیشە واڵا دەبن،
شەو و ڕۆژ داناخرێن
بۆ هێنانی سامانی نەتەوەکان بۆت و
پاشاکانیشیان بە پێش دەدرێن.
١٢ چونکە ئەو نەتەوە و شانشینەی خزمەتت نەکات
لەناودەچێت و
بە تەواوی وێران دەبێت.

١٣ «شانازی لوبنان بۆ تۆ دێت،
داری سنەوبەر، کاژ و سەروو پێکەوە،
بۆ ڕازاندنەوەی جێی پیرۆزگاکەم و
شوێنی پێیەکانم شکۆدار دەکەم.
١٤ کوڕی ئەوانەی تۆیان زەلیل کرد بە کڕنۆشەوە
دێن بۆ لات،
هەموو ئەوانەی سووکایەتییان پێ دەکردیت
کڕنۆش بۆ بنی پێت دەبەن و
پێت دەڵێن: شاری یەزدان،
سییۆنی خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل.

١٥ «لە جێی ئەوەی بەجێماو و ڕق لێبوو و
بێ ڕێبوار بیت،
دەتکەمە شانازی هەتاهەتایی،
شادی نەوە دوای نەوە.
١٦ گەنجینەی نەتەوەکان دەبەن و
سامانی شاهانە دەگرن.
جا دەزانیت کە منی یەزدان، ڕزگارکەری تۆم،
ئەوەی تۆ دەکڕێتەوە توانادارەکەی یاقوبە.
١٧ لە جیاتی بڕۆنز زێڕ و
لە جیاتی ئاسنیش زیو دەهێنم،
لە جیاتی داریش بڕۆنز و
لە جیاتی بەردیش ئاسن دەهێنم.
سەلامەتی دەکەمە سەرپەرشتیارت و
ڕاستودروستی دەکەمە سەرکارت.
١٨ ئیتر نە ستەم لە خاکەکەتدا دەبیسترێت
نە وێرانی و شکانیش لە سنوورەکانت،

بەڵکو شووراکانت ناو لێ دەنێیت: ”ڕزگاری“ و
دەروازەکانیشت ”ستایش“.
١٩ ئیتر خۆر بۆت نابێتە ڕووناکی ڕۆژ،
درەوشانەوەی مانگیش نابێتە سەرچاوەی
ڕووناکی تۆ،
بەڵکو یەزدان بۆت دەبێت بە ڕووناکی
هەتاهەتایی،
خوداشت بۆ شکۆمەندیت.
٢٠ لەمەودوا خۆری تۆ ئاوا نابێت،
مانگی تۆ کەم ناکات،
چونکە یەزدان بۆت دەبێت بە ڕووناکی
هەتاهەتایی،
ڕۆژانی ماتەمینیت تەواو دەبێت.
٢١ لەو کاتەدا گەلەکەت هەمووی ڕاستودروست
دەبن،
زەویش بۆ هەتاهەتایە موڵکی خۆیان دەبێت.
ئەوەی من ناشتوومن نەمامن،
دەستکردی منن بۆ شکۆمەندبوونم.
٢٢ بچووك دەبێت بە هەزار و
بچووکترین بە نەتەوەیەکی مەزن.
من یەزدانم،
لە کاتی خۆیدا پەلەی پێ دەکەم.»

## ساڵی ڕەزامەندی یەزدان

٦١ ڕۆحی یەزدانی باڵادەست بەهێزم دەکات،
چونکە یەزدان دەستنیشانی کردووم
بۆ مژدەدان بە هەژاران.
منی ناردووە بۆ تیمارکردنی دڵشکاوەکان،
بۆ جاڕدانی ئازادی بۆ ڕاپێچکراوەکان و
ئازادکردنی دیلەکان،
٢ بۆ ڕاگەیاندنی ساڵی ڕەزامەندی یەزدان و
ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەی خودامان،
بۆ دڵنەواییکردنی هەموو پرسەدارەکان.
٣ ناردوومی بۆ ئەوەی بە پرسەدارەکانی سییۆن
ببەخشم
تاجێکی جوان لەسەرمە لە جێی قوڕ[a]،
زەیتی دڵخۆشی لە جێی پرسە،
هەروەها بەرگی ستایش لە جێی ڕۆحی
ورەبەردان.
جا پێیان دەگوترێت دار بەڕووی ڕاستودروستی،
نەمامی یەزدان بۆ دەرخستنی
شکۆمەندییەکەی.

٤ کەلاوە کۆنەکان بنیاد دەنێنەوە و
وێرانکراوەکانی پێشتر هەڵدەستێننەوە.
شارە خاپوورەکان نۆژەن دەکەنەوە
کە لە چەرخەکانی پێشووەوە وێران کرابوون.
٥ بێگانە دێنە خزمەت و شوانایەتی مێگەلەکانت
دەکەن و
کوڕانی نامۆکان دەبنە جوتیار و ڕەزەوانتان.
٦ ئێوەش ناوتان لێ دەنرێت، کاهینەکانی یەزدان،
پێتان دەگوترێت، خزمەتکارەکانی خودامان.
سامانی نەتەوەکان دەخۆن و
شانازی بەسەر شکۆمەندی ئەوانەوە دەکەن.

٧ گەلەکەم لە جێی ڕیسوایی، دوو ئەوەندە میراتی
وەردەگرن،
لە جێی شەرمەزاربوون، بە بەشی خۆیان
دڵخۆش دەبن.
ئیتر لە خاکەکەیان دوو هێندە میرات وەردەگرن،
خۆشی هەتاهەتاییان بۆ دەبێت.

٨ «چونکە من کە یەزدانم، دادپەروەریم
خۆشدەوێت،
ڕقم لە دزی و بەدکارییە پێکەوە.
بە دڵسۆزییەوە پاداشتی خۆیان دەدەمێ و
پەیمانێکی هەتاهەتاییان لەگەڵدا دەبەستم.
٩ توخمیان لەنێو نەتەوەکان دەناسرێن و
وەچەشیان لەنێو گەلاندا.
هەموو ئەوانەی دەیانبینن دانی پێدا دەنێن
کە ئەوان گەلێکن یەزدان بەرەکەتداری
کردوون.»

[a] ٣ عیبری: خۆڵەمێش.

١٠ بە شادی دڵشاد دەبم بە یەزدان،
گیانم بە خودای خۆم شادمان دەبێت،
چونکە بەرگی ڕزگاری لەبەرکردم،
کەوای ڕاستودروستی بەسەر شانمدا دا،
وەك زاوایەك کە سەری خۆی لەسەر شێوەی
کاهین بڕازێنێتەوە
یان بووکێك بە خشڵ خۆی جوان بکات.
١١ چونکە وەك زەوی کە چەکەرەی ڕووەکی خۆی
دەردەخات و
وەك باخچە کە چێنراوەکانی دەڕوێنێت،
ئاواش یەزدانی باڵادەست ڕاستودروستی و
ستایش
لەبەردەم هەموو نەتەوەکان دەڕوێنێت.

## سییۆن ناوێکی نوێی هەیە

٦٢ لە پێناوی سییۆن بێدەنگ نابم و
لە پێناوی ئۆرشەلیم هێمن نابم
هەتا بێتاوانییەکەی وەك گزنگی خۆر
دەدرەوشێتەوە و
ڕزگاریشی وەك مەشخەڵ داگیرسێت.
٢ ئەو کاتە هەموو نەتەوەکان بێتاوانییەکەت و
هەموو پاشاکان شکۆمەندییەکەت دەبینن.
ناوێکی نوێت لێ دەنرێت
کە دەمی یەزدان دیاری دەکات.
٣ دەبیت بە تاجی جوانی لە دەست یەزدان و
تاجەگوڵینە لەناو لەپی خودات.
٤ چیتر ناوت نانرێت «بەجێماو» و
چیتر بە خاکەکەت ناگوترێت «وێرانە»،
بەڵکو پێت دەگوترێت «حەفچیڤا[a]»،
خاکەکەشت، «بەعولە[b]»،
چونکە یەزدان بە تۆ دڵخۆش دەبێت،
خاکەکەشت مێردی دەبێت.
٥ چونکە چۆن گەنج دەبێت بە مێردی کچێکی
پاکیزە،
ئاواش کوڕەکانت دەبن بە مێردت.
وەك دڵخۆشی زاوا بە بووك،
ئاواش خودات بە تۆ دڵخۆش دەبێت.

٦ ئەی ئۆرشەلیم، ئێشکگرم لەسەر شووراکانت
داناوە،
بەردەوام شەو و ڕۆژ بێدەنگ نابن.
ئەی ئەوانەی یەزدانتان لە یادە،
ئۆقرە مەگرن،
٧ لێ مەگەڕێن یەزدان ئۆقرە بگرێت هەتا
ئۆرشەلیم دەچەسپێنێت و
ناوداری دەکات لە زەویدا.

٨ یەزدان بە دەستی ڕاستی خۆی و
بە هێزی بازووی سوێندی خوارد:
«چیتر دانەوێڵەکەت
ناکەم بە خۆراك بۆ دوژمنەکانت و
شەرابە نوێیەکەشت کە پێوەی ماندوو بوویت،
نامۆکان نایخۆنەوە،
٩ بەڵکو ئەوانە دەیخۆن کە گەنمیان بەرهەم
هێناوە و
ستایشی یەزدان دەکەن،
ئەوانەی ترێیان ڕنیوەتەوە
لە حەوشەی پیرۆزگاکەم دەیخۆنەوە.»

١٠ تێپەڕ بن! تێپەڕ بن لە دەروازەکانەوە!
ڕێگای گەل خۆش بکەن.
ئامادەی بکەن! ڕێڕەو ئامادە بکەن!
لە بەرد پاکی بکەنەوە.
ئاڵا بۆ گەل بەرز بکەنەوە.

١١ ئەوەتا یەزدان
بە هەر چوار لای زەویدا ڕایگەیاندووە:
«بە شاری سییۆن بڵێن،
”وا ڕزگارکەرەکەت دێت!
وا پاداشتەکەی لەگەڵیەتی و
خەڵاتەکەی لەبەردەمییەتی.“»
١٢ ناویان لێ دەنێن، «گەلە پیرۆزەکە»،

[a] ٤ واتە (شادیم لە ئەودایە).
[b] ٤ واتە بە مێرد.

«ئەوانەی یەزدان کڕیونیەتیەوە»،
تۆش ناوت لێ دەنرێت، «داواکراوەکە»،
«شارە بەجێنەماوەکە».

## ڕۆژی خودا بۆ تۆڵەسەندن و ڕزگاری

٦٣ ئەوە کێیە لە ئەدۆمەوە دێت
بە بەرگی سوور لە بۆزراوە،
ئەو شکۆمەندەی بە جلوبەرگەکەیەوە
بە زۆری هێزەکەیەوە نمایش دەکات؟

«منم بە ڕاستودروستی دەدوێم
مەزنم بۆ ڕزگاری.»

٢ بۆچی بەرگت سوورە و
بەرگت وەك پەستێنەری گوشەری ترێیە؟

٣ «کەس لە گەلان لەگەڵمدا نەبوو
بە تەنها گوشەرم پەستەوە.
لە تووڕەییدا ئەوانم پڵیشاندەوە،
بە هەڵچوونی خۆم پێم لێنان.
جا خوێنیان بەسەر بەرگمدا پرژا و
هەموو جلەکەم لەکەدار بوو.
٤ چونکە ڕۆژی تۆڵەسەندنەوە لە دڵمدا بوو و
ساڵی کڕینەوەی گەلم هات.
٥ تەماشام کرد بەڵام یارمەتیدەر نەبوو،
سەرسام بووم کە پشتگیری نەبوو،
بەڵام بە هێزی بازووی خۆم ڕزگاریم دەستەبەر کرد،
هەڵچوونم پشتگیری کردم.
٦ بە تووڕەیی خۆم گەلانم پەستەوە،
بە هەڵچوونی خۆم سەرخۆشم کردن،
خوێنی ئەوانم بەسەر زەویدا ڕشت.»

## نوێژ و ستایش

٧ باسی خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدان دەکەم،
کارەکانی کە شایستەی ستایشن،
بۆ هەموو ئەوەی کە لە پێناوی ئێمەدا کردی.
باسی چاکە مەزنەکەی دەکەم بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل،
ئەوەی پاداشتی پێدانەوە بەپێی بەزەییەکەی و
بەپێی زۆری خۆشەویستییە بێ سنوورەکەی.
٨ فەرمووی: «بە ڕاستی گەلی منن،
کوڕن، ناپاکیم لەگەڵ ناکەن،»
جا بۆیان بوو بە ڕزگارکەر.
٩ لە هەموو تەنگانەکانیان ئەویش تەنگاو بوو و
فریشتەی ئامادەبوونەکەی[a] ڕزگاری کردن.
ئەو بە خۆشەویستییەکەی و بە میهرەبانی
ئەوانی کڕییەوە،
بەرزی کردنەوە و هەڵیگرتن
هەموو ڕۆژانی کۆن.
١٠ بەڵام ئەوان یاخی بوون و
ڕۆحی پیرۆزی ئەویان خەمبار کرد،
جا لێیان بوو بە دوژمن و
لەگەڵیان کەوتە جەنگەوە.

١١ ئینجا گەل ڕۆژانی کۆنیان بەبیر هاتەوە،
ڕۆژانی موسا و گەلەکەی.
کوا ئەوەی لە دەریاوە سەری خستن
لەگەڵ شوانی مێگەلەکەی؟
کوا ئەوەی ڕۆحی پیرۆزی خۆی
لەنێویان دانا؟
١٢ کوا ئەوەی لەلای دەستی ڕاستی موسا
هێزە شکۆدارەکەی بازووی خۆی نارد،
ئەوەی ئاوی لەبەردەمیان دوو لەت کرد،
بۆ ئەوەی ناوێکی هەتاهەتایی بۆ خۆی
دروستبکات،
١٣ ئەوەی بەناو دەریا قووڵەکاندا بردنی؟
وەك ئەسپ بە چۆڵەوانیدا سەرسمیان نەدا،
١٤ وەك دابەزینی ڕەشەوڵاخ بەرەو دەشتایی،
ڕۆحی یەزدان پشووی پێدان.
ئاوا ڕێنمایی گەلەکەتت کرد

[a] ٩ مەبەستی لە ئەو فریشتەیە کە هەمیشە ئامادەیە لەبەردەمی یەزدان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی.

بۆ ئەوەی ناوێکی شکۆمەند بۆ خۆت
دروستبکەیت.
١٥ لە ئاسمانەوە تەماشا بکە،
لە نشینگەی پیرۆز و شکۆمەندیتەوە ببینە،
کوا دڵگەرمی و پاڵەوانییتییەکەت؟
ئاخ هەڵکێشانی هەناوت و بەزەییت لە ئێمە
بڕی.
١٦ بەڵام تۆ باوکی ئێمەی،
ئەگەر ئیبراهیم نەمانناسێت و
ئیسرائیلیش دانمان پێدا نەنێت.
ئەی یەزدان تۆ باوکی ئێمەیت،
لە ئەزەلەوە ناوت دەمانکڕێتەوە.
١٧ ئەی یەزدان، بۆچی لە ڕێگاکانی خۆت وێڵت
کردین،
بۆچی دڵت ڕەق کردین هەتا لێت نەترسین؟
بگەڕێوە لە پێناو خزمەتکارەکانت،
هۆزەکانی میراتەکەت.
١٨ بۆ ماوەیەکی کەم گەلی پیرۆزت خاوەنی
پیرۆزگای تۆ بوون،
بەڵام ئێستا دوژمنانمان پێشێلیان کرد.
١٩ ئێمە لە کۆنەوە گەلی تۆین،
ئێستا وامان لێ هاتووە کە تۆ فەرمانڕەوایی
ئێمەت نەکردووە،
وەك چۆن هەرگیز بە ناوی تۆوە ناو نەنرابین.

٦٤ خۆزگە ئاسمانت شەق دەکرد و دەهاتیتە
خوارەوە،
چیاکان لەبەردەمت دەلەرزین!
٢ وەك ئەوەی ئاگر گڕ بەردەداتە پوشوپەڵاش و
ئاگر وا دەکات ئاو بکوڵێت،
وەرە خوارەوە، با دوژمنانت ناوت بزانن،
با نەتەوەکان لەبەردەمتدا بلەرزن.
٣ کاتێك ترسناکەکانت دروستکرد چاوەڕێمان نەکرد،
دابەزیت و چیاکان لەبەردەمتدا لەرزین.
٤ لە کۆنەوە نە گوێیان لێ بووە و
نە بیستوویانە،
هیچ چاوێك خودایەکی جگە لە تۆ نەبینیوە،
ئەوە بکات بۆ ئەو کەسەی چاوەڕێی دەکات.
٥ تۆ دێیت بۆ یارمەتی ئەوانەی بە دڵخۆشییەوە
کاری ڕاستودروستی دەکەن،
ئەوانەی بیر لە ڕێگاکانت دەکەنەوە هەتا
پەیڕەوی بکەن.
بەڵام کاتێك ئێمە بە بەردەوامی گوناهمان لە
دژی ئەوان کرد،
تۆ تووڕە بوویت.
ئیتر چۆن ڕزگار دەبین؟
٦ هەموو وەك شتی گڵاومان لێ هات،
هەموو کاری ڕاستودروستیمان وەك پەڕۆی
پیسی مانگانەی ئافرەت بوو.
هەموو وەك گەڵا سیس بووین،
تاوانەکانمان وەك با هەڵماندەگرێت.
٧ کەس نییە بە ناوی تۆوە نزا بکات
یان وریابێت بۆ ئەوەی خۆی بە تۆوە بگرێت،
چونکە ڕووی خۆتت لێمان شاردەوە و
بە دەست تاوانەکانمان ئێمەت تواندەوە.
٨ بەڵام ئەی یەزدان، تۆ باوکی ئێمەیت،
ئێمە قوڕین و تۆ گۆزەکەری ئێمەیت و
ئێمە هەموو دەستکردی تۆین.
٩ ئەی یەزدان، تەواو تووڕە مەبە و
هەتا کۆتایی تاوانمان بەبیر خۆت مەهێنەرەوە،
تکایە، تەماشامان بکە!
ئێمە هەموو گەلی تۆین.
١٠ شارە پیرۆزەکانت بوون بە چۆڵەوانی،
سییۆن بوو بە چۆڵەوانی و ئۆرشەلیم وێران
بوو.
١١ پەرستگای پیرۆزی و شانازیمان، کە لەوێ
باوباپیرانمان ستایشی تۆیان کرد،
بە ئاگر سووتێنراوە و
هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆ ئێمە گەنجینە
بوون، بە کەلاوە بوون.
١٢ ئەی یەزدان، ئایا لەدوای هەموو ئەمانە لە
یارمەتیدان خۆت بە دوور دەگریت؟

ئایا بێدەنگ دەبیت و بە تەواوی سزامان
دەدەیت؟

## دادوەری و ڕزگاری

٦٥ «ئامادە بووم وەڵام بدەمەوە، بەڵام
داوایان لێ نەکردم،
ئامادە بووم بدۆزرێمەوە لەلایەن ئەوانەی بەدوامدا
نەگەڕان.
بە نەتەوەیەک کە بە ناوی منەوە نزا ناکەن،
فەرمووم: ”ئەوەتام! ئەوەتام!“
٢ بە درێژایی ڕۆژ دەستم
بۆ گەلێکی کەللەڕەق ڕاگرت،
بە ڕێگایەکدا دەڕۆن باش نییە
بەدوای بیرکردنەوەی خۆیان دەکەون.
٣ گەلێک بەردەوام
بەرەو ڕووم پەستم دەکەن،
یەکێک لەناو باخچەکان قوربانی سەردەبڕێت،
لەسەر قوربانگا خشتەکان بخوور دەسووتێنێت،
٤ ئەوەی لەنێو گۆڕەکان دادەنیشێت،
لە گۆڕستانەکان شەو بەسەردەبات،
گۆشتی بەراز دەخوات و
لەناو قاپوقاچاغەکەی گۆشتاوی گڵاو هەیە.
٥ دەڵێت: ”لە شوێنی خۆت ڕابوەستە، لێم نزیک
مەکەوە،
چونکە من لە تۆ پیرۆزترم!“
ئەوانە دووکەڵن لە لووتی مندا،
ئاگرێکن کە بە درێژایی ڕۆژ داگیرساوە.

٦ «ئەوەتا لەبەردەمم نووسراوە:
بێدەنگ نابم، بەڵکو بە تەواوی پاداشت
دەدەمەوە،
سزای خۆیان دەخەمە بەردەستیان،
٧ لەبەر تاوانەکانتان و تاوانی باوباپیرانتان پێکەوە،»
یەزدان دەفەرموێت.
«لەبەر ئەوەی ئەوانە لەسەر چیاکان قوربانییان
سووتاند و
لەسەر گردەکان سووکایەتییان بە من کرد،
کردەوەکانی پێشوویان دەپێومەوە و
سزای خۆیان بەسەردا دەسەپێنم.»

٨ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«وەک ئەوەی لە هێشوودا شەرابی نوێ هەیە،
جا دەگوترێت: ”مەیفەوتێنە،
چونکە خێروبێری تێدایە،“
ئاوا دەکەم لە پێناوی بەندەکانم
بۆ ئەوەی هەمووان نەفەوتێنم.
٩ بەڵکو لە یاقوبەوە نەوەیەک دەردەکەم،
لە یەهوداشەوە ئەوانەی دەبنە میراتگری
چیاکانم.
جا چیاکان دەبن بە میراتی هەڵبژێردراوانم و
بەندەکانم لەوێ نیشتەجێ دەبن.
١٠ جا شارۆن دەبێت بە لەوەڕگای مێگەل و
دۆڵی عاخۆریش[a] بە مۆڵگای مانگا،
بۆ گەلەکەم کە داوای منیان کردووە.

١١ «بەڵام ئێوە کە وازتان لە یەزدان هێناوە و
کێوی پیرۆزی منتان لەیاد کردووە،
خوانتان بۆ بتێک بە ناوی ”گەد“ خوداوەندی
بەخت ئامادە کردووە و
بۆ ”مەنی“ خوداوەندی چارەنووس شەرابی
تێکەڵاوتان پڕکردووە،
١٢ چارەنووستان دەخەمە بەر شمشێر و
هەموو بۆ سەربڕین بە چۆکدا دێن،
لەبەر ئەوەی بانگم کرد و وەڵامتان نەدایەوە،
قسەم کرد و گوێتان نەگرت
بەڵکو لەبەرچاوم خراپەکاریتان کرد،
ئەوەی من پێم ناخۆش بوو هەڵتانبژارد.»

١٣ لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت:

«ئەوەتا بەندەکانم دەخۆن،
بەڵام ئێوە برسی دەبن،

[a] ١٠ عاخۆر وشەیەکی عیبرییە بە واتای تێکدان. بڕوانە یەشوع ٧:٢٤.

ئەوەتا بەندەکانم دەخۆنەوە،
بەڵام ئێوە تینوو دەبن،
ئەوەتا بەندەکانم دڵخۆش دەبن،
بەڵام ئێوە شەرمەزار دەبن.
١٤ ئەوەتا لە دڵخۆشیدا
بەندەکانم گۆرانی دەڵێن،
بەڵام ئێوە لە دڵتەنگیدا دەقیژێنن و
لەبەر دڵشکاندن شین دەگێڕن.
١٥ لە داهاتوودا هەڵبژێردراوانم ناوتان
وەك نەفرەت بەکاردەهێنن و
یەزدانی باڵادەست دەتانکوژێت،
بەڵام ناوێکی دیکە لە خزمەتکارەکانی خۆی
دەنێت.
١٦ ئەوەی لە خاکەکەدا بۆ خۆی داوای بەرەکەت
بکات،
بە خودای ڕاستەقینەوە داوای بەرەکەت دەکات
و
ئەوەی لە خاکەکەدا سوێند بخوات
بە خودای ڕاستەقینە سوێند دەخوات،
چونکە تەنگانەکانی پێشوو لەبیر چوون و
لەبەرچاوم شاردرانەوە.

## ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ

١٧ «بڕوانن، من لە داهاتوودا ئاسمانی نوێ و
زەوی نوێ بەدی دەهێنم و
ئەوانەی پێشوو نە باس دەکرێن و
نە بە مێشکدا دێنەوە.
١٨ بەڵکو ئێوە بۆ هەتاهەتایە دڵخۆش و شاد بن
لەوەی من بەدی دەهێنم،
چونکە ئەوەتا من ئۆرشەلیمی شاد بەدی دەهێنم
و
دانیشتووانەکەی دڵخۆش دەبن.
١٩ بە ئۆرشەلیم دڵخۆش دەبم و
بە گەلی خۆم شاد دەبم،
چیتر لەناویدا دەنگی گریان و هاوار نابیسترێت.

٢٠ «چیتر لەوێ نە کۆرپەی تازە لەدایکبوو دەمرێت
و
نە پیری لە تەمەن تێر نەخواردوو،
چونکە ئەوەی لە تەمەنی سەد ساڵی بمرێت
گەنجە و
ئەوەی نەگات بە تەمەنی سەد ساڵی نەفرەت
لێکراوە.
٢١ خانوو بنیاد دەنێن و نیشتەجێ دەبن،
ڕەز دەڕوێنن و لە بەرەکەی دەخۆن.
٢٢ خانوو بنیاد نانێن و یەکێکی دیکە تێیدا
دانیشێت،
ڕەز ناڕوێنن و یەکێکی دیکە بیخوات،
چونکە ڕۆژانی گەلەکەم
وەك ڕۆژانی دار[a] دەبێت و
هەڵبژێردراوانم خۆشی دەبینن
لە کردارەکانی دەستیان.
٢٣ بەخۆڕایی ماندوو نابن و
بۆ تۆقاندن منداڵیان نابێت،
چونکە ئەوان نەوەی بەرەکەتپێدراوی یەزدانن و
وەچەکانیان لەگەڵیاندان.
٢٤ جا بەر لەوەی نزا بکەن من وەڵام دەدەمەوە و
هێشتا ئەوان قسە دەکەن من گوێم لێیان
دەبێت.
٢٥ گورگ و بەرخ پێکەوە دەلەوەڕێن،
شێریش وەك مانگا گیا دەخوات،
بەڵام نانی مار خۆڵە.
لە هەموو کێوی پیرۆزم
نە زیان دەبەخشن و نە دەفەوتێنن،»
یەزدان دەفەرموێت.

## دادوەری و هیوا

٦٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
«ئاسمان تەختی منە و
زەویش تەختەپێمە.

[a] ٢٢ مەبەست لەو دارانەیە کە تەمەنیان زۆر درێژە.

کوا ئەو ماڵەی کە ئێوە بۆم بنیاد دەنێن و
لەکوێیە شوێنی حەوانەوەم؟
٢ ئایا هەموو ئەمانەش دەستی من دروستی نەکردن؟
جا هەموو ئەمانە نەهاتنە دی؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

«من ڕوو لەمە دەکەم:
لەوەی بێفیز و دڵشکێنراوە و
لەبەر ڕێزی فەرمایشتەکەم دەلەرزێت.
٣ بەڵام ئەوەی گا سەردەبڕێت
بکوژی مرۆڤە،
ئەوەی بەرخ دەکاتە قوربانی سەربڕاو،
وەك ئەوەیە ملی سەگ بشکێنێت[a]،
ئەوەی پێشکەشکراوی دانەوێڵە پێشکەش دەکات،
خوێنی بەراز پێشکەش دەکات و
ئەوەی بخوور دەسووتێنێت،
بت بەرەکەتدار دەکات.
هەروەها ئەوان ڕێگاکانی خۆیان هەڵبژارد و
دڵیان بە قێزەونەکانیان خۆش بوو،
٤ هەروەها منیش کارەساتەکانیان هەڵدەبژێرم و
ترسەکانیان بەسەریاندا دەهێنم،
لەبەر ئەوەی بانگم کرد و کەس نەبوو وەڵام بداتەوە،
قسەم کرد و گوێیان نەگرت،
بەڵکو لەبەرچاوم خراپەکارییان کرد،
ئەوەی پێی دڵخۆش نەبووم هەڵیانبژارد.»

٥ ئەی ئەوانەی لە ڕێزی وشەی یەزدان دەلەرزن،
گوێ لە فەرمایشتی ئەو بگرن:
«براکانتان ئەوانەی ڕقیان لێتانە و
لەبەر ناوی من دەریانکردن،
بە تەوسەوە گوتیان: "با یەزدان شکۆمەند بێت و
دڵخۆشی ئێوە ببینین!"
بەڵام ئەوان شەرمەزار دەبن.
٦ دەنگی هاتوهەرایە لە شارەوە،
دەنگە لە پەرستگاوە!
ئەمە دەنگی یەزدانە
سزای شایستەی دوژمنانی دەدات.

٧ «پێش ئەوەی ژان بگرێت، منداڵی بوو،
پێش ئەوەی ژانی بۆ بێت، کوڕێکی بوو.
٨ کێ وەك ئەمەی بیستووە؟
کێ وەك ئەمەی بینیوە؟
ئایا وڵاتێك لە یەك ڕۆژدا ژان دەیگرێت
یان نەتەوەیەك بە یەك جار لە دایك دەبێت؟
بەڵام سییۆن ئەو ساتەی کە ژان دەگرێت
چەندین منداڵی دەبێت.»
٩ یەزدان دەفەرموێت: «ئایا من کە ژانی منداڵبوون دەهێنم،
وا ناکەم منداڵ لەدایك ببێت؟
یان ئەگەر من وا دەکەم منداڵ ببێت،
سکی دایك دادەخەم؟» خودای تۆ دەفەرموێت.
١٠ «ئەی هەموو خۆشەویستانی ئۆرشەلیم،
لەگەڵی دڵخۆش بن و تێیدا شاد بن،
ئەی هەموو ئەوانەی شیوەنی بۆ دەگێڕن،
بە تەواوی لەگەڵی دڵخۆش بن.
١١ بۆ ئەوەی شیری مەمکی بمژن و
تێر و ئارام بن
هەتا لە پڕی شکۆمەندییەکەی بخۆنەوە و
چێژ ببینن.»

١٢ سەبارەت بەمەش یەزدان بەم جۆرە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من ئاشتی بەسەردا دەشکێنمەوە وەك ڕووبار و
شکۆمەندی نەتەوەکان وەك جۆگەیەکی ڕاماڵ،
جا ئێوە شیر دەدرێن و لە ئامێز دەگیرێن و
لەسەر ئەژنۆکان ڕادەژەنرێن.
١٣ وەك یەکێك کە دایکی دڵنەوایی بکات،
منیش ئاوا دڵنەواییتان دەکەم،

[a] ٣ لەوانەیە مەبەستی لە شێوازی قوربانیکردنی کەنعانییەکان بێت.

بە ئۆرشەلیم دڵنەوایی دەکرێن.»
[14]جا دەبینن و دڵتان خۆش دەبێت و
جەستەتان وەك گیا نەشونما دەكات.
جا دەزانرێت کە یەزدان لەگەڵ خزمەتکارەکانی
دەبێت،
بەڵام لە دوژمنەکانی تووڕە دەبێت،
[15]ئەوەتا یەزدان بە ئاگرەوە دێت،
گالیسکەكانی وەك گەردەلوولن،
هەتا تووڕەییەکەی بە گڕەوە بگەڕێنێتەوە،
سەرزەنشتەكەی بە بڵێسەی ئاگرەوە.
[16]لەبەر ئەوەی یەزدان بە ئاگر و شمشێرەکەی
حوکم بەسەر هەموو مرۆڤدا دەدات،
ئەوانەی بە دەستی یەزدان دەکوژرێن زۆر
دەبن.

[17]«پێکەوە دەفەوتێن، ئەوانەی خۆیان تەرخان
و پاك دەكەن بۆ چوونە ناو باخچەکان، شوێنی
ئەو کەسە دەکەون کە لە لەناوەڕاستی ئەوانە، کە
جرج و گۆشتی بەراز و شتی قێزەون دەخۆن.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.
[18]«من کردەوەکانیان و بیروڕایان دەزانم، لەبەر
ئەوە خەریکە دێم و هەموو نەتەوەکان و زمانەکان
کۆدەکەمەوە، جا دێن و شکۆمەندی من دەبینن.»
[19]یەزدان دەفەرموێت: «نیشانەیەکیان لەنێو
دادەنێم و دەربازبووانیان لێ دەنێرم بۆ نەتەوەکان،
بۆ تەرشیش و بۆ لای لیبییەکان و لوودییەکان،
ئەوانەی تیرئەندازن، بۆ توبال، یۆنان و دوورگە
دوورەکان، ئەوانەی هەواڵی منیان نەبیستووە و
شکۆمەندی منیان نەبینیوە، جا شکۆمەندی من
لەنێو نەتەوەکاندا ڕادەگەیەنن. [20]هەموو براکانتان
لە هەموو نەتەوەکانەوە وەك پێشکەشکراو
بۆ یەزدان لەسەر ئەسپ و بە گالیسکە و بە
عەرەبانە و بە هێستر و وشتر بۆ کێوی پیرۆزم بۆ
ئۆرشەلیم دەهێننەوە، وەك ئەوەی نەوەی ئیسرائیل
پێشکەشکراوی دانەوێڵەیان لەناو دەفرێکی پاك
بەپێی ڕێوڕەسم بۆ پەرستگای یەزدان بهێنن.
[21]هەروەها هەندێك لەوان هەڵدەبژێرم بە کاهین و
بە لێڤی.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[22]یەزدان دەفەرموێت: «بێگومان وەك ئەو
ئاسمانە نوێیە و ئەو زەوییە نوێیە کە من دروستیان
دەکەم لەبەردەممدا دەمێننەوە، ئاواش ناو و
نەوەی ئێوە دەمێنێت. [23]لە سەرەمانگێکەوە بۆ
سەرەمانگێك و لە شەممەیەکەوە بۆ شەممەیەك
هەموو مرۆڤێك دێت بۆ ئەوەی لەبەردەمم کڕنۆش
ببات،» یەزدان دەفەرموێت. [24]«دەچنە دەرەوە و
لاشەی ئەو خەڵکانە دەبینن کە لە من یاخی بوون،
چونکە کرمەکانیان نامرن و ئاگریان ناکوژێتەوە و بۆ
هەمووان دەبن بە قێزەون.»

# یەرمیا

**کورتە باسێك**

**تەنها خودا دەتوانێت چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکات.**

پێشبینییەکانی ئەم پەڕتووکە کە پێغەمبەر یەرمیا تۆماری کردوون دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی شەشەمی بەر لە زایین، سەبارەت بە گرنگی قبوڵکردنی سزای خودا کە تێیدا هیچ خۆ لێ لادانێك نییە، چونکە قبوڵکردنی هەنگاوێکە بۆ ژیانێکی نوێ. یەرمیا بە درێژایی چل ساڵی کۆتایی شانشینی یەهودا ژیاوە، ئازاری هێرشکردنی لەشکری کلدانی چێژتووە، هەروەها داگیرکردن و ڕاپێچانی خەڵکەکەی و وێرانکردنی پەرستگای بینیوە. خەڵکی ئاگادار کردووەتەوە لەوەی بەسەریان دێ، لێیان پاڕاوەتەوە کە بگەڕێنەوە لای خودا و واز لە گوناهەکانیان بهێنن، بەڵام تووشی سووکایەتی و چەوسانەوە هات. ئەم پەڕتووکە زۆر وردەکاری لەسەر ژیانی یەرمیای پێغەمبەر لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی زانیاری زیاترمان پێ ببەخشێت لەسەر ژیانی ئەو، کە وا دەکات ژیانی یەرمیا لە ژیانی هەموو پێغەمبەرەکانی دیکەی پەیمانی کۆن ڕوونتر بێت.

لەنێو ئەو کارەساتەی بەسەر یەهودا هات یەرمیا تەنها یەك پەیامی هەبوو بە خەڵکی ڕادەگەیاند: «تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خودا». بانگەوازی بۆ دەکردن کە واز لە بیرکردنەوەی پووچ بهێنن و بە شێوەیەکی شایستە ڕێز لە خودا بگرن، لە ژیانی نەتەوەی جولەکە. هیچ شتێك ناتوانێ گەلی جولەکە لە چارەنووسەکەیان ڕزگار بکات، نە سامان و نە لەشکرەکەیان، نە پیاوانی سیاسەتمەدارانیان، تەنانەت ئایینەکەشیان ناتوانێ ڕزگاریان بکات، بەڵکو تەنها خودا خۆی دەتوانێ ڕزگاریان بکات. وێرانبوونی ئۆرشەلیم وەك یادەوەرییەکی هەمیشە زیندوو لە هەموو سەردەمێك دەمێنێتەوە و چارەنووسی نەتەوەی جولەکەمان پیشان دەدات لەدوای ئەوەی کە بە خودا ڕازی نەبوون. بەڵام یەرمیا پەیامێکی دیکەی هەبوو کە پەیامی هیوا بوو. لەگەڵ ئەوەی گەلی یەهودا لە خودا دوورکەوتەوە بەڵام خودا لێیان دوورنەکەوتەوە، هەر دەبێ هێزی خۆی پیشان بدات لە پێناوی ڕزگارکردنیان لە دیلییێتی.

١ پەیامی یەرمیای کوڕی حیلقیا، یەکێك لە کاهینانی شارۆچکەی عەناتۆت لە خاکی بنیامین. ٢ فەرمایشتی یەزدانی بۆ دەهات، لە ساڵی سێزدەیەمینی پاشایەتی یۆشیای کوڕی ئامۆنی پاشای یەهودا، ٣ هەروەها لە ماوەی پاشایەتی یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا، هەتا مانگی پێنجی ساڵی یازدەیەمینی سدقیای کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا، کاتی ڕاپێچانەکەی خەڵکی ئۆرشەلیم.

### بانگکردنی یەرمیا

٤ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات:

٥ «پێش ئەوەی لەناو سکی دایکت شێوەت بکێشم،
تۆم ناسی،
پێش ئەوەی لە منداڵدان بێیتە دەرەوە،
تەرخانم کردیت،
تۆم کردە پێغەمبەری نەتەوەکان.»

٦ بەڵام من گوتم: «ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست، وتەبێژی لە توانامدا نییە، چونکە تەمەنم بچووکە.»
٧ ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «مەڵێ: ”تەمەنم بچووکە.“ بۆ لای هەرکەسێك بتنێرم دەچیت و هەموو ئەوەی فەرمانت پێ بکەم ڕایدەگەیەنیت. ٨ لێیان مەترسە، چونکە من لەگەڵتدام بۆ ئەوەی فریات بکەوم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٩ ئینجا یەزدان دەستی درێژکرد و دەستی لە دەمم دا و پێی فەرمووم: «دڵنیابە، من وتەکانم دەخەمە دەمی تۆوە. ١٠ ببینە، ئەمڕۆ تۆم کرد بە پێغەمبەر بۆ

نەتەوە و شانشینەکان، بۆ ڕیشەکێشکردن و شکاندن،
بۆ لەناوبردن و ڕووخاندن، بۆ بنیادنان و چاندن.»
[١١]ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: «ئەی یەرمیا، چی دەبینیت؟»
منیش گوتم: «چڵە بادەمێك دەبینم.»
[١٢]یەزدانیش پێی فەرمووم: «چاکت بینی، چونکە
من لەسەر فەرمایشتەکەم چاودێر[a] دەبم بۆ
ئەنجامدانی.»
[١٣]دووبارە فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات: «چی
دەبینیت؟»
منیش گوتم: «مەنجەڵێك دەبینم هەڵمی لێ
هەڵدەستێت و ڕووی بەرەو باشوورە.»
[١٤]یەزدانیش پێی فەرمووم: «لە باکوورەوە بەڵا بۆ
هەموو دانیشتووانی خاکەکە دەبارێت. [١٥]خەریکم
بانگەواز دەکەم بۆ هەموو نەتەوەکانی شانشینەکانی
باکوور.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

«جا پاشاکانیان دێن و
هەریەکە و تەختی خۆی لە دالانی دەروازەی ئۆرشەلیم دادەنێت،
هێرش دەبەن بۆ سەر هەموو شووراکانی چواردەوری ئۆرشەلیم و
بۆ هەموو شارۆچکەکانی یەهودا.
[١٦]منیش حوکمەکانم بەسەریان ڕادەگەیەنم،
لەسەر هەموو خراپەکانیان کە وازیان لێ هێنام و
بۆ خوداکانی دیکە بخووریان سووتاند و
بۆ دەستکردەکانی دەستی خۆیان کڕنۆشیان برد.

[١٧]«تۆش بازووی خۆتی لێ هەڵبکە! هەستە و
قسەیان لەگەڵ بکە سەبارەت بە هەموو ئەوەی
من فەرمانت پێدەدەم. لێیان مەتۆقە، نەوەك
لەبەردەمیان بتتۆقێنم. [١٨]من ئەمڕۆ تۆم کردووەتە
شارێکی قەڵابەند و کۆڵەکەی ئاسن و دیواری برۆنز،
لە دژی هەموو خاکەکە، پاشاکانی یەهودا، پیاوە
گەورەکانی، کاهینەکانی و گەلی خاکەکە. [١٩]لە دژت
دەجەنگن و دەرەقەتت نایێن، چونکە من لەگەڵتدام
بۆ ئەوەی فریات بکەوم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## وازهێنانی ئیسرائیل لە خودا

٢ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
[٢]«بڕۆ و بە ئۆرشەلیمی ڕابگەیەنە با خەڵکەکە
ببیستن، بڵێ:

«یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”بە یادی خۆمم هێنایەوە، دڵسۆزی کاتی مێردمنداڵیت و
خۆشەویستی کاتی بووکێنیت،
بەدوای مندا ڕۆیشتیت لە چۆڵەوانی،
بە خاکێکدا کە کشتوکاڵی تێدا نەبوو.
[٣]ئیسرائیل بۆ یەزدان پیرۆز بوو،
یەکەمین بەرهەمی بەروبوومەکەیەتی.
هەموو ئەوانەی خواردیان تاوانیان کرد،
بەڵایان بەسەردا هات.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٤]گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن، ئەی بنەماڵەی یاقوب،
ئەی هەموو خێڵەکانی بنەماڵەی ئیسرائیل،

[٥]یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«باوباپیرانتان چ کەموکوڕییەکیان لە مندا بینی
کە لێم دوورکەوتنەوە؟
چوون دوای بتی پووچ کەوتن و
خۆیان پووچ کرد.
[٦]پرسیاریان نەکرد: ”کوا یەزدان،
ئەوەی لە خاکی میسرەوە دەریهێناین،
ئەوەی ئێمەی بەناو چۆڵەوانیدا برد،
بە خاکێکی ڕووتەن و چاڵوچۆڵدا،
بە خاکێکی وشك و سێبەری مەرگ،
بە خاکێکدا کە کەسی پێدا تێنەپەڕیبوو،

[a] ١٢ لە زمانی عیبری دەنگی وشەی چاودێر، شۆقێد، نزیکە لە دەنگی وشەی داری بادەم، شاقێد.

کەس لەوێ نیشتەجێ نەببوو؟“
[٧] ئێوەم هێنایە ناو خاکێکی بەپیت
بۆ ئەوەی بەروبووم و بەرهەمە چاکەکانی
بخۆن.
بەڵام هاتن و زەوییەکەی منتان گڵاو کرد،
میراتەکەی منتان قێزەون کرد.
[٨] کاهینەکان پرسیاریان نەکرد:
”کوا یەزدان؟“
ئەوانەی مامۆستای تەوراتن نەیانناسیم،
ڕابەرەکان لێم یاخی بوون،
پێغەمبەرەکان بەهۆی بەعلەوە پێشبینییان کرد،
دوای بتی پووچ کەوتن.»

[٩] یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە دیسان
دادگاییتان دەکەم،
منداڵی منداڵیشتان پەلکێشی دادگا دەکەم.
[١٠] لە کەنارەکانی کیتیم[a] بپەڕنەوە و ببینن،
بنێرن بۆ قێدار[b] و بە وردی سەرنج بدەن،
ببینن ئاخۆ وەك ئەمە بووە؟
[١١] ئایا هیچ نەتەوەیەك خوداوەندەکانی خۆی
گۆڕیوە؟
هەرچەندە خودا نین.
بەڵام گەلەکەی من خودای شکۆمەندیان
گۆڕییەوە
بە بتی پووچ.
[١٢] ئەی ئاسمان، لەبەر ئەمە واقت وڕبمێنێت،
موچڕکەت پێدابێت و زۆر سەرسام بە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[١٣] «گەلەکەم دوو خراپەی کردووە:
وازیان لە من هێنا
کە کانی ئاوی ژیانم،
هەروەها ئەمباراویان بۆ خۆیان هەڵکەند،
ئەمباراوی شکاو کە ئاو ڕاناگرێت.

[١٤] ئایا ئیسرائیل کۆیلەیە؟ یان کوڕی کۆیلەی لەدایك
بووی ماڵە؟
بۆچی بوو بە تاڵانی؟
[١٥] بەچکە شێران بەسەریدا نەڕاندیان،
دەنگیان هات،
خاکەکەیان وێران کردووە،
شارۆچکەکانی سووتاون، بێ دانیشتووانن.
[١٦] هەروەها نەوەی مەمفیس و تەحپەنحێس
تەپڵی سەری تۆیان تراشیووە.
[١٧] ئایا تۆ ئەمەت بە خۆت نەکرد،
کە وازت لە یەزدانی پەروەردگارت هێنا
کاتێك بە ڕێگادا دەیبردیت؟
[١٨] ئێستا بۆچی دەچیتە میسر
بۆ خواردنەوەی ئاوی نیل؟
ئێستا بۆچی دەچیتە ئاشور
بۆ خواردنەوەی ئاوی ڕووباری فورات؟
[١٩] خراپەی خۆت تەمبێت دەکات و
هەڵگەڕانەوەت سەرزەنشتت دەکات.
جا بزانە و ببینە کە بۆتان خراپ و تاڵە،
کاتێك واز لە یەزدانی پەروەردگارت دەهێنیت
و
ترسی منت لە دڵدا نییە،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، پەروەردگاری
سوپاسالار.

[٢٠] «تۆ لە کۆنەوە نیری[c] خۆتت شکاندووە،
کۆتەکانت پساندووە،
گوتت: ”تۆ ناپەرستم!“
تۆ بە ڕاستی لەسەر هەموو گردێکی بەرز و
لەژێر هەموو دارێکی سەوزدا
وەك لەشفرۆشێك ڕاکشایت.
[٢١] من وەك شامێویێك
لە نایابترین جۆر تۆم چاند،
ئیتر چۆن لێم گۆڕایت،
گۆڕایت بۆ زڕمێو؟

[a] ١٠ قوبرس و کەنارەکانی ڕۆژئاوای.
[b] ١٠ ناوچەی هۆزەکانی بەدوو لە بیابانی عەرەبستان و سوریا.
[c] ٢٠ مەبەستی لە ڕەتکردنەوەی ڕێنمایی و دەسەڵاتی خودایە.

٢٢ هەرچەندە بە سۆدەش خۆت بشۆیت،
زیاد سابوونیش لە خۆت بدەیت،
هێشتا لەکەداری تاوانەکەت لەبەردەممە.»
ئەمە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
٢٣ «ئیتر چۆن دەڵێیت: ”گڵاو نەبووم،
دوای بەعلەکان نەکەوتووم؟“
تەماشای ڕێگاکەی خۆت بکە لە دۆڵەکە،
بزانە چیت کردووە.
تۆ وەك وشترە سووکەکەی کە لە ڕۆیشتندا
بەلادادێی،
٢٤ وەك کەرەکێوییەکەی کە بە چۆڵەوانی فێری،
لەتاو هەوەسی با هەڵدەمژێت،
لە کاتی بەتەڵەب هاتنی کێ دەیگێڕێتەوە؟
هەموو ئەوانەی داوای دەکەن
بەبێ ماندووبوون لە کاتی زاوزێ دەیدۆزنەوە.
٢٥ ئەوەندە مەگەڕێ تاوەکو ئەوەی پێیەکانت ڕووت
بێتەوە و
گەرووت وشك بێت.
بەڵام گوتت: ”بێهوودەیە!
نا! چونکە خوداوەندە بێگانەکانم
خۆشویستووە،
دوای ئەوان دەکەوم.“

٢٦ «وەك شەرمەزاری دز کە دەگیرێت،
ئاوا بنەماڵەی ئیسرائیل شەرمەزاربوون،
خۆیان و پاشا و میر و
کاهین و پێغەمبەرەکانیان.
٢٧ هەریەکەیان بە دار دەڵێت: ”تۆ باوکمی منیت“
و
بە بەرد: ”تۆ منت بووە.“
پشتیان تێ کردم
نەك ڕوو،
بەڵام لە کاتی بەڵایاندا دەڵێن:
”هەستە و ڕزگارمان بکە!“
٢٨ ئیتر کوا خوداوەندەکانت کە بۆ خۆت دروستت
کردن؟
با هەستن، ئەگەر لە کاتی بەڵادا دەتوانن
ڕزگارت بکەن!
ئەی یەهودا،
خوداوەندەکانت بەقەد ژمارەی
شارۆچکەکانتن.»

٢٩ یەزدان دەفەرموێت: «بۆچی سکاڵام لێ دەکەن؟
هەمووتان لێم یاخی بوون،
٣٠ بەخۆڕایی سزای منداڵەکانتانم دا،
تەمبێکردنیان وەرنەگرت،
شمشێرەکانتان پێغەمبەرەکانتانی خوارد،
وەك شێرێکی لەناوبەر.

٣١ «ئەی نەوە، ئێوە ئاگاداری فەرمایشتی یەزدان بن:

«ئایا بۆ ئیسرائیل بووم بە چۆڵەوانی،
یان خاکی تاریك و تنۆك؟
بۆچی گەلەکەم دەڵێن: ”بەڕەڵا بووین،
ئیتر بۆ لات نایەینەوە؟“
٣٢ ئایا کچ خشڵی خۆی لەبیر دەکات،
یان بووك جلی بووکێنی؟
بەڵام گەلەکەی خۆم ڕۆژانێکی بێشومار
منیان لەبیر کرد.
٣٣ تۆ چەند لێزانیت لە گەڕانەوەی دوای
خۆشەویستی!
تەنانەت سۆزانییەکانیشت فێری ڕێگای خۆت
کرد.
٣٤ هەروەها بە جلەکانت دەبینیرێت،
خوێنی گیانی نەداره بێتاوانەکان،
هەرچەندە ئەوانت لە کاتی دیواربڕیندا نەگرت.
بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە
٣٥ دەڵێیت: ”من بێتاوانم،
خودا لە من تووڕە نییە.“
بەڵام دادگاییت دەکەم،
چونکە گوتت: ”گوناهم نەکرد.“
٣٦ بۆچی زۆر دەگەڕێیت
بۆ گۆڕینی ڕێگاکانت؟

هەروەها لە میسریش شەرمەزار دەبیت،
وەك چۆن لە ئاشور شەرمەزار بوویت.
٣٧ هەروەها میسر بەجێدەهێڵیت و
وەك دیل دەستەکانت بەسەر سەرتەوە[a] دەبن،
چونکە ئەوانەی تۆ پشتیان پێ دەبەستیت یەزدان
ڕەتیکردنەوە،
بەوان سەرکەوتوو نابیت.»

٣ «ئەگەر پیاو ژنی خۆی تەڵاق بدات و
ژنەکەی لەلای بڕوات و بۆ پیاوێکی
دیکە بێت،
ئایا کابرا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە لای ئەو ژنە؟
ئایا ئەو خاکە بە تەواوی گڵاو نابێت؟
بەڵام تۆ لەشی خۆتت بە زۆر دۆست فرۆشت،
ئایا ئێستا دەگەڕێیتەوە لام؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢ «چاو هەڵبڕە بۆ گردۆڵکەکان و ببینە!
بزانە جێی ژووانێك هەیە کە لێی زەلیل
نەکرابیت؟
وەك کۆچەر لە چۆڵەوانی
لەسەر ڕێگاکان بۆ خۆشەویستان دانیشتیت.
بە لەشفرۆشیت و بە خراپەت
خاکەکەت گڵاو کرد.
٣ جا لێزمە باران ڕاوەستا و
بەهارە بارانیش نەبوو،
کەچی تۆ ناوچەوانی ژنە لەشفرۆشێکت هەبوو،
شەرم لەخۆکردنەوەت ڕەتکردەوە.
٤ ئایا هەر ئێستا بانگت نەکردم،
"باوکە! تۆ هاوڕێی گەنجێتی منیت!
٥ ئایا هەتاهەتایە تووڕە دەبیت؟
ئایا هەتا کۆتایی هەڵدەچیت؟"
بەم شێوەیە قسەت کرد،
بەڵام تۆ ئەو هەموو خراپەیەت کرد کە
توانیت.»

## ئیسرائیلی هەڵگەڕاوە

٦ لە سەردەمی پاشایەتی یۆشیای پاشادا یەزدان
پێی فەرمووم: «ئایا بینیت ئیسرائیلی هەڵگەڕاوە
چی کرد؟ چووە سەر هەموو گردێکی بەرز و ژێر
هەموو دارێکی سەوز، لەوێ داوێنپیسی[b] کرد. ٧ بیرم
کردەوە لەپاش ئەوەی هەموو ئەمەی کرد، بۆ لای
من دەگەڕێتەوە، بەڵام نەگەڕایەوە. جا یەهودای
خوشکی ناپاکی ئەمەی بینی. ٨ تەڵاقنامەم دا بە
ئیسرائیلی هەڵگەڕاوە و ناردمەوە، لەبەر هەموو
داوێنپیسییەکانی. کەچی بینیم یەهودای خوشکی
ناپاکی نەترسا، جا ئەویش چوو و داوێنپیسی کرد.
٩ لەبەر ئەوەی بە سووکی سەیری لەشفرۆشییەکەی
کرد، زەوی گڵاو کرد و داوێنپیسی لەگەڵ دار و بەردا
کرد. ١٠ لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، یەهودای خوشکی
ناپاکی بە هەموو دڵییەوە نەگەڕایەوە لام، بەڵکو
تەنها بە ڕواڵەت.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١١ ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «ئیسرائیلی
هەڵگەڕاوە لە یەهودای ناپاك ڕاستودروستترە. ١٢ بڕۆ،
ئەو پەیامە بۆ باکوور ڕابگەیەنە، بڵێ:

«یەزدان دەفەرموێت: "ئەی ئیسرائیلی
هەڵگەڕاوە، بگەڕێوە،
ناوچەوانم لێتان گرژ ناکەم،
چونکە خۆشەویستییەکەم ناگۆڕێت." ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.
"تووڕەییم هەتاهەتایی نییە.
١٣ تەنها دان بە تاوانەکەتدا بنێ،
چونکە لە یەزدانی پەروەردگارت یاخی بوویت
و
خۆشەویستیت بۆ خوداوەندە بێگانەکان
بڵاوکردەوە
لەژێر هەموو دارێکی سەوز.

[a] ٣٧ نیشانەی شەرمەزاری.

[b] ٦ لێرەدا بە واتای داوێنپیسی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن پیاوێك بێوەفا بێت لەگەڵ ژنەکەیدا.

ئێوە گوێڕایەڵی من نەبوون.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٤]یەزدان دەفەرموێت: «ئەی ڕۆڵە هەڵگەڕاوەکان،
بگەڕێنەوە، چونکە من مێردی ئێوەم[a]، دەتانبەم،
یەکێك لە شارۆچکەیەك و دووان لە خێڵێك،
دەتانهێنمە سییۆن. [١٥]شوانتان بۆ دادەنێم بە دڵی
خۆم بێت، بە زانین و ورياييەوە بتانلەوەڕێنن.»
[١٦]یەزدان دەفەرموێت: «لەو ڕۆژانەدا، کە لە خاکەکە
زۆر دەبن و بەروبوومتان دەبێت، ئیتر ناڵێن:
”سندوقی پەیمانی یەزدان.“ بە مێشکیاندا نایەت
و بەبیریان نایەتەوە، بەسەری ناکەنەوە و جارێکی
دیکە دروستناکرێتەوە. [١٧]لەو کاتەدا بە ئۆرشەلیم
دەڵێن، ”تەختی یەزدان“ و هەموو نەتەوەکان لە
ئۆرشەلیم کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ڕێز لە ناوی یەزدان
بگرن. ئیتر بەدوای کەللەڕەقییە خراپەکەیان ناکەون.
[١٨]لەو ڕۆژانەدا بنەماڵەی یەهودا لەگەڵ بنەماڵەی
ئیسرائیل دەڕۆن، بەیەکەوە لە خاکی باکوورەوە دێن
بۆ ئەو خاکەی کە کردمە میرات بۆ باوباپیرانتان.»
[١٩]«بەڵام من، یەزدانم، دەفەرمووم:

«”چەند دەمەوێ وەك کوڕانی خۆمتان دابنێم و
زەوییەکی ئارەزووبەخشتان بدەمێ،
جوانترین میراتی نەتەوەکان!“
وامدەزانی ئێوە بە ”باوکە“ بانگم دەکەن و
لە شوێنکەوتنی من لانادەن.
[٢٠]بەڵام وەك چۆن ژن ناپاکی لە هاوسەری خۆی
دەکات،
ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئاوا ناپاکیتان لێکردم،»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٢١]دەنگێك لە گردۆڵکەکانەوە دەبیسترێت،
گریان و پاڕانەوەکانی نەوەی ئیسرائیلە،
چونکە ڕێگاکانی خۆیان خوارکردووە و
یەزدانی پەروەردگاریان لەبیر کردووە.

[٢٢]«ئەی ڕۆڵە هەڵگەڕاوەکان، بگەڕێنەوە،
هەڵگەڕانەوەکانتان چاك دەکەمەوە.»

«بەڵێ، دەگەڕێینەوە لات،
چونکە تۆ یەزدانیت، خودای ئێمەیت.
[٢٣]بێگومان بتپەرستی بە غەڵبەغەڵبەوە لەسەر چیا
و گردەکان خۆهەڵخەڵەتاندنە،
بێگومان بە یەزدانی پەروەردگارمان ئیسرائیل
ڕزگار دەبێت.
[٢٤]لە هەرزەکاریمانەوە بەعلی خوداوەندی
شەرمەزاری
ڕەنجی باوباپیرانی ئێمەی خواردووە،
لە مەڕ و مانگا و
کوڕ و کچ.
[٢٥]با لەناو شورەیی خۆمان ڕابکشێین،
با شەرمەزاریمان دامانپۆشێت،
چونکە ئێمە و باوباپیرانمان گوناهمان کرد
لە دژی یەزدانی پەروەردگارمان،
لە هەرزەکاریمانەوە هەتا ئەمڕۆش،
گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارمان نەبووین.»

٤ یەزدان دەفەرموێت: «ئەی ئیسرائیل، ئەگەر
گەڕایتەوە،
بگەڕێوە لای من.
ئەگەر بتە قێزەونەکانت لەبەردەمم لابدەی،
گومڕا نابیت،
[٢]ئەگەر بە ڕاستی و دادپەروەری و
ڕاستودروستییەوە
سوێند بخۆیت: ”بە یەزدانی زیندوو،“
ئەوسا نەتەوەکان بەو بەرەکەتدار دەبن و
شانازی بەوەوە دەکەن.»

[٣]یەزدان ئەمە بە پیاوەکانی یەهودا و ئۆرشەلیم
دەفەرموێت:

«زەوی بەیارتان بکێڵن و
لەناو دڕکوداڵدا مەچێنن.
[٤]ئەی پیاوانی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم،

---

[a] ١٤ پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەچووێنرێت، لە ڕووی ئەرك و وەفا و گوێڕایەڵییەوە.

خۆتان بۆ یەزدان خەتەنە[a] بکەن،
دڵتان خەتەنە بکەن،
نەوەك تووڕەییم بجۆشێت و وەك ئاگر
بسووتێنێت،
لەبەر خراپی کردەوەکانتان،
بسووتێنێت و کەس ناتوانێت بیکوژێنێتەوە.»

## بەڵایەك لە باکوورەوە

٥ «لە یەهودا ڕایبگەیەنن، لە ئۆرشەلیم دەنگتان
ببیسترێت، بڵێن:
"لە خاکەکە فوو بە کەڕەنادا بکەن!"
بە دەنگی بەرز بانگەواز بکەن و بڵێن:
"کۆببنەوە!
با هەڵبێین بۆ شارە قەڵابەندەکان!"
٦ ئاڵا بەرز بکەنەوە بۆ چوونە سییۆن!
خۆتان بدەنە پەنا! ڕامەوەستن!
چونکە من لە باکوورەوە بەڵا دەهێنم،
تێکشکانێکی گەورە.»

٧ شێر لە لانەکەیەوە هاتە دەرەوە،
تێکشکێنەری نەتەوەکان بەڕێکەوت.
لە شوێنەکەی خۆی هاتە دەرەوە
بۆ ئەوەی خاکەکەت وێران بکات.
شارۆچکەکانت کاول دەبن
بێ ئاوەدانی دەبن.
٨ لەبەر ئەمە جلوبەرگی گوش[b] لەبەر بکەن،
لە خۆتان بدەن و واوەیلا بکەن،
چونکە گڕی تووڕەیی یەزدان
هێشتا دانەمرکاوەتەوە.

٩ یەزدان دەفەرموێت: «جا ئەوە دەبێت لەو
ڕۆژەدا،
پاشا و پیاوە گەورەکان جەرگبڕاو دەبن،
کاهینەکان دەحەپەسێن و
پێغەمبەرەکان واقیان وڕدەمێنێت.»

١٠ جا گوتم: «ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست،
بێگومان ئەم گەلە و ئۆرشەلیمت بە تەواوی فریودا،
فەرمووت: "ئاشتیتان بۆ دەبێت،" کەچی شمشێر
گەیشتە گیانمان.»
١١ لەو کاتەدا بەم گەلە و بە ئۆرشەلیم دەگوترێت:
«بای سووتێنەر لە گردۆڵکەکانی چۆڵەوانییەوە بەرەو
گەلەکەم هەڵدەکات، نە بۆ شەن و نە بۆ جیاکردنەوە،
١٢ بایەکی لەوە بەگوڕترە، لە منەوە دێت. ئێستاش من
حوکمی خۆم بەسەریاندا ڕادەگەیەنم.»

١٣ تەماشا بکەن! وەك هەورەکان سەردەکەوێت،
گالیسکەکانی وەك گەردەلوولە،
ئەسپەکانی لە هەڵۆ تیژڕەوترن.
قوڕبەسەرمان، وێران کراین!
١٤ ئەی ئۆرشەلیم، دڵت لە خراپە بشۆوە بۆ ئەوەی
ڕزگارت بێت.
هەتا کەی بیروڕا خراپەکانت لەناوەڕاستت
دەمێنێتەوە؟
١٥ دەنگێك لە دانەوە ڕادەگەیەنێت،
کارەسات لە شاخەکانی ئەفرایمەوە
دەبیسترێت.
١٦ «نەتەوەکان ئاگادار بکەنەوە،
با خەڵکی ئۆرشەلیم ببیستن:
"ئابڵوقەدەران لە خاکێکی دوورەوە دێن،
بەسەر شارەکانی یەهودا دەنگیان بەرز
دەکەنەوە.
١٧ لە چواردەوری وەك پاسەوانانی کێڵگەیان
لێهاتووە،
چونکە لە من یاخی بوون."»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٨ «ڕەفتار و کردەوەکانت
ئەمەیان پێکردیت،
ئەمە سزاکەتە،
چەند تاڵە!

[a] ٤ مەبەستی لە تەرخانکردنی دڵە بۆ دڵسۆزی بەرامبەر بە یەزدان.
[b] ٨ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

چونکە گەیشتە دڵت.»

[١٩] ئەی ئازارم، ئەی ئازارم!
من لەتاو ئێشم دەتوێمەوە.
دڵم ژان دەکات!
دڵەکوتێمە، بێدەنگ نابم،
چونکە گوێم لە دەنگی کەڕەنا و نەعرەتەی جەنگ بوو.
[٢٠] کارەسات لەدوای کارەسات دێت،
هەموو خاکەکە وێران بوو.
لەپڕ خێوەتەکانم وێران بوون،
لە چرکەیەکدا پەناگاکانم.
[٢١] هەتا کەی ئاڵای جەنگ دەبینم و
گوێم لە دەنگی کەڕەنا دەبێت؟

[٢٢] «گەلەکەم گێلە و
من ناناسێت.
ئەوان کوڕی دەبەنگن،
ئەوان تێنەگەیشتوون،
ئەوان دانان بۆ کاری خراپە،
بەڵام نازانن چۆن چاکە بکەن.»

[٢٣] تەماشای زەویم کرد،
بێ شێوە و بەتاڵ بوو،
بەرەو ئاسمانیش،
ڕووناکییەکەی نەمابوو.
[٢٤] تەماشای چیاکانم کرد دەهەژان،
هەموو گردەکانیش لەق بوون.
[٢٥] تەماشام کرد، هیچ کەسێك دیار نەبوو،
باڵندەکانی ئاسمانیش هەموو هەڵاتوون،
[٢٦] تەماشام کرد، باخەکان چۆڵەوانین و
هەموو شارۆچکەکانی کاول بوون
لەبەردەم یەزدان، لە ڕووی گڕی تووڕەییەکەی.

[٢٧] سەبارەت بەمەش یەزدان بەم جۆرە دەفەرموێت:

«هەموو زەوی وێران دەبێت،
بەڵام بە تەواوی کۆتایی پێ ناهێنم.

[٢٨] لەبەر ئەمە زەوی شیوەن دەگێڕێت،
ئاسمانیش لە سەرەوە تاریك دادێت،
لەبەر ئەوەی من قسەم کرد و پاشگەز نەبوومەوە،
بڕیارم دا و بڕیارەکەم ناگۆڕم.»

[٢٩] لە دەنگی سوار و تیرهاوێژ
هەموو شارۆچکەکان ڕایانکرد.
هەندێك چوونە ناو دارستانەکان،
هەندێك سەرکەوتنە سەر بەردەکان.
هەموو شارۆچکەکان بەجێهێڵراون،
هیچ کەسێك تێیاندا نیشتەجێ نییە.

[٣٠] تۆش ئەی نەتەوە وێرانەکە، چی دەکەیت؟
بۆچی بەرگی ئاڵ لەبەر دەکەیت و
خشڵی زێڕ بە خۆتەوە دەکەیت؟
بۆچی بە کل چاوەکانت ڕەش دەکەیت؟
بێهوودە خۆت جوان دەکەیت،
لەبەرچاوی ئەوینداران کەوتووی،
ئەوان داوای گیانت دەکەن.

[٣١] هاوارێکم بیست وەك هاواری ژنێکی ژانگرتوو بوو،
لە ناخۆشیدا وەك یەکەم منداڵی بێت.
دەنگی سییۆنی کچ[a] هەنسك دەدات،
دەست پان دەکاتەوە، دەڵێت:
«وەی لە من! دەبوورێمەوە،
گیانم لەبەر بکوژان دەردەچێت!»

## کەس ڕاستودروست نییە

**٥** «بەناو شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا هاتوچۆ بکەن،
ئێستا تەماشا بکەن و بزانن،
لەناو گۆڕەپانەکانی بگەڕێن.
ئەگەر یەکێکتان بینییەوە
دادپەروەری بکات و بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت،

[a] ٣١ دەربڕینێکی خوازەیە بۆ پایتەخت، مەبەست لە هەموو دانیشتووانی شارەکەیە.

ئەوا من لەم شارە خۆشدەبم.
٢ هەرچەندە دەڵێن: ”بە یەزدانی زیندوو،“
هێشتا بە درۆ سوێند دەخۆن.»

٣ ئەی یەزدان، ئایا چاوت بەدوای ڕاستیدا
ناگەڕێت؟
لێت دان بەڵام ئازاریان پێ نەگەیشت،
تێکت شکاندن بەڵام ڕەتیانکردەوە تەمبێ
بکرێن.
ڕووی خۆیان لە بەرد ڕەقتر کرد،
تۆبەکردنیان ڕەتکردەوە.
٤ بەڵام من گوتم: «ئەوانە هەژارن،
نەزان بوون،
چونکە ڕێگای یەزدان ناناسن و
نازانن خودا داوای چییان لێ دەکات.
٥ کەواتە دەچمە لای گەورە پیاوان و
قسەیان لەگەڵ دەکەم،
بێگومان ئەوان ڕێگای یەزدان دەناسن و
دەزانن خودا داوای چییان لێ دەکات.»
بەڵام ئەوان پێکەوە نیریان شکاند،
بەندیان پساند.
٦ لەبەر ئەوە لە دارستان شێر هێرشیان دەکاتە
سەر،
گورگی بیابان دەیانفەوتێنێت،
پڵنگ لە دەوری شارۆچکەکانیان خۆی مات
دەدات،
تاکو ئەوەی لێی بێتە دەرەوە پارچەپارچەی
بکات،
چونکە یاخیبوونەکانیان زۆربوون،
هەڵگەڕانەوەکانیان گەورە بوون.

٧ «چۆن لەمە لێت خۆشدەبم؟
کوڕەکانت وازیان لێ هێنام و
سوێند بەوە دەخۆن کە خودا نییە.
کە تێرم کردن، داوێنپیسییان کرد،
پاڵەپەستۆیانە بۆ ماڵی لەشفرۆش.
٨ بوون بە ئەسپی خورت و بە عیتە،
هەریەکە بەسەر ژنی برادەرەکەیدا دەحیلێنێت.
٩ ئایا لەسەر ئەمە سزایان نەدەم؟
ئایا من تۆڵە لە نەتەوەیەکی وەك ئەمە
نەستێنمەوە؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٠ «سەربکەونە سەر پەرژینی ڕەزەمێوەکان و
تێکیان بدەن،
بەڵام بە تەواوی مەیفەوتێنن.
لقەکانی لێ بکەنەوە،
چونکە هی یەزدان نین.
١١ بنەماڵەی ئیسرائیل و بنەماڵەی یەهودا
بە تەواوی ناپاکییان لێکردم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٢ درۆیان بە دەمی یەزدانەوە کرد،
گوتیان، «ئەو هیچ ناکات!
بەڵامان بەسەرنایەت،
شمشێر و قاتوقڕی نابینین.
١٣ پێغەمبەرەکان بوون بە هاژەی با،
وشەکە لەواندا نییە،
ئەوەی گوتیان بەسەریان دەهێنرێت.»

١٤ لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار، ئەمە دەفەرموێت:

«لەبەر ئەوەی ئەم گەلە ئەو قسانەیان کرد،
ئەوەتا من وتەکانم لە دەمی تۆدا دەکەمە ئاگر،
ئەم گەلەش دەکەم بە دار و دەیانخوات.»
١٥ یەزدان دەفەرموێت: «ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل،
ئەوەتا من نەتەوەیەك لە دوورەوە دەهێنمە
سەرتان،
نەتەوەیەکی پتەو و دێرینە،
نەتەوەیەکە زمانەکەیان نازانن،
لە قسەکردنیان تێناگەن.
١٦ تیردانەکەی وەك گۆڕی دەم کراوەیە،
هەموو پاڵەوانن.
١٧ دروێنە و نانت دەخوات،

کوڕ و کچت دەخوات،
مەڕ و مانگات دەخوات،
مێو و هەنجیرت دەخوات.
شارە قەڵابەندەکانت کە تۆ پشتت پێ بەستوون،
بە شمشێر دەفەوتێنێت.»

[١٨] یەزدان دەفەرموێت: «هەروەها لەو ڕۆژانەدا،
کۆتاییتان پێ ناهێنم. [١٩] جا کە دەڵێن: ”لەبەر چی
یەزدانی پەروەردگارمان هەموو ئەمەی پێکردین؟“
پێیان دەڵێیت: ”لەبەر ئەوەی وازتان لێ هێنام و لە
خاکەکەتان خوداوەندە بێگانەکانتان پەرست، ئاوا
دەبێت بێگانە پەرستی بکەن لە خاکێك کە هی ئێوە
نییە.[a]“

[٢٠] «ئەمە بە بنەماڵەی یاقوب ڕابگەیەنن و
با لەناو یەهودا ببیسترێت، بڵێن:
[٢١] ئەی گەلی گێل و بێ مێشك، ئێستا گوێ لەمە
بگرن،
ئەی ئەوانەی چاوتان هەیە و نابینن،
گوێتان هەیە و نابیستن:
[٢٢] ئایا لە من ناترسن؟»
هەروەها یەزدان دەفەرموێت:
«ئایا لەبەردەمی من نالەرزن؟
من کە لمم بۆ دەریا کرد بە سنوور،
بەربەستێکی هەتاهەتاییە و لێی تێناپەڕێت.
شەپۆل خۆی پێدا دەدات و سەرکەوتوو نابێت،
هاژەی دێت و تێناپەڕێت.
[٢٣] بەڵام ئەم گەلە دڵێکی منجڕ و یاخی هەیە،
لەڕێ لایاندا و ڕۆیشتن.
[٢٤] لە دڵی خۆیاندا ناڵێن،
”ئێستا با لە یەزدانی پەروەردگارمان بترسین،
ئەوەی باران دەبارێنێت، یەکەم باران و دوا باران
لە وەرزی خۆی،
لە هەفتە دیاریکراوەکانی دروێنە دڵنیامان
دەکاتەوە.“

[٢٥] تاوانەکانتان ڕێگرییان لەم بەرەکەتانە کرد،
گوناهەکانتان لە چاکە بێبەشی کردن.
[٢٦] «بەدکاران لەنێو گەلەکەمدا دەبینرێنەوە،
وەك ڕاوچی خۆیان ماتداوە و چاو دەگێڕن،
تەڵە دەنێنەوە و مرۆڤ دەگرن.
[٢٧] وەك قەفەزی پڕ لە باڵدار،
ماڵەکانیان پڕە لە فێڵ،
لەبەر ئەمە گەورە و دەوڵەمەند بوون،
[٢٨] قەڵەو و تێر بوون.
هەروەها لە خراپەکاریدا بێ سنوورن،
پارێزەرایەتییان بۆ سکاڵای هەتیو نەکرد هەتا
سەرکەوتوو بن،
بەرگرییان لە مافی هەژاران نەکرد.
[٢٩] ئایا لەسەر ئەمە سزایان نەدەم؟
ئایا من تۆڵە لە نەتەوەیەکی وەك ئەمە
نەستێنمەوە؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٣٠] «تۆقین و سەرسوڕماوییێك
لە خاکەکەدا ڕوویدا:
[٣١] پێغەمبەرەکان بە درۆ پێشبینی دەکەن،
کاهینەکانیش بە ویستی خۆیان فەرمانڕەوایەتی
دەکەن،
گەلەکەشم حەزیان لەم دۆخەیە.
بەڵام لە کۆتاییەکەیدا ئێوە چی دەکەن؟

## گەمارۆی ئۆرشەلیم

٦ «ئەی نەوەی بنیامین،
لە ئۆرشەلیمەوە هەڵبێن!
لە تەقۆعە فوو بە کەڕەنادا بکەن!
لەسەر بێتهاکارەم ئاگر وەك نیشانە
هەڵبکەن!
چونکە بەڵا و شکستێکی گەورە
لە باکوورەوە دەرکەوتووە.
[٢] من سییۆنی کچ[b] لەناو دەبەم،

[a] ١٩ وەك سزایەك خزمەتی بێگانەکان دەکەن و خوداوەندەکانی ئەوان دەپەرستن.

[b] ٢ ئۆرشەلیم.

کچە جوان و نازدارەکە.
[٣] شوانەکان بە مێگەلەکانیانەوە[a] بۆ لای ئەو دێن،
ڕەشماڵەکان لە دەوری هەڵدەدەن و
هەرکەسە لە بەشی خۆی دەلەوەڕێنێ.»

[٤] «جەنگێك لە دژی سییۆن ئامادە بکەن!
هەستن بە نیوەڕۆ هێرش ببەین!
بەڵام بە داخەوە، ڕۆژ ئاوا بوو،
سێبەرەکانی ئێوارە درێژبوونەوە.
[٥] کەواتە هەستن بە شەو هێرش ببەین،
قەڵاکانی وێران بکەین!»

[٦] یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«دار ببڕنەوە و
مەتەرێز لە دەوری ئۆرشەلیمەوە دابڕێژن.
دەبێت ئەو شارە سزا بدرێت،
چونکە سەراپای پڕ ستەمە.
[٧] وەك کانییەك ئاوەکەی هەڵبقوڵێت،
ئاوا خراپییەکەی هەڵدەقوڵێت.
توندوتیژی و ڕفاندنی تێدا دەبیسترێت،
هەمیشە لەبەردەمم نەخۆشی و برینداری
هەیە.
[٨] ئەی ئۆرشەلیم، ئاگاداربە،
نەوەك پشتم لە تۆ بکەم،
نەوەك بتکەمە خاکێکی وێران،
ئیتر کەسی تێدا نیشتەجێ نەبێ.»

[٩] یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«با پاشماوەی ئیسرائیل بە تەواوی بچنرێنەوە،
بە تەواوی وەك ڕەزەمێو،
با دەستت بەسەر لقەکاندا بگێڕیت،
وەك کەسێك ترێ دەچنێتەوە.»

[١٠] بۆ کێ قسە بکەم؟ کێ ئاگادار بکەمەوە؟
کێ گوێم لێ دەگرێت؟
ئەوەتا گوێیان داخراوە
بۆ ئەوەی نەتوانن گوێ شل بکەن.
فەرمایشتی یەزدان بۆیان بووە بە ڕیسوایی،
دڵیان پێی خۆش نییە.
[١١] لەبەر ئەوە پڕبووم لە تووڕەیی یەزدان،
بێزاربووم لە دەستپێوەگرتنی.

«تووڕەییەکەی بەسەر منداڵی کۆڵانەکانیدا بڕێژە،
بەسەر تێکڕای کۆڕی گەنجان،
ژن لەگەڵ مێرد دەبردرێت،
پیر لەگەڵ بەساڵاچووان.
[١٢] ماڵەکانیان بۆ خەڵکی دیکە دەبن،
کێڵگە و ژنەکانیان پێکەوە،
چونکە دەستم بۆ سەر دانیشتووانی خاکەکە
درێژ دەکەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[١٣] «لە بچووکیان هەتا گەورەیان،
هەموویان پەرۆشی قازانجن،
لە پێغەمبەرەوە هەتا کاهین،
هەموو ساختە دەکەن.
[١٤] برینی گەلەکەم بە سووکیەوە چاك دەکەنەوە و
دەڵێن: ”ئاشتی، ئاشتی!“
بەڵام ئاشتی نییە.
[١٥] ئایا شەرمەزار بوون کاتێك کاری قێزەونیان کرد؟
نەخێر! شەرمەزار نەبوون،
هەروەها نەیانزانی شەرمەزاری چییە.
لەبەر ئەوە دەکەونە ناو کوژراوان،
لە کاتی سزادانیان تێکدەشکێن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٦] یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«لەسەر ڕێگاکان بوەستن و تەماشا بکەن،
پرسیاری ڕێچکە کۆنەکان بکەن،
ڕێگا چاکەکە لەکوێیە، پێیدا بڕۆن،
حەسانەوە بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە.
بەڵام گوتتان: ”پێیدا ناڕۆین.“
[١٧] چاودێرم بەسەرتانەوە دانا، گوتم:
”گوێ بۆ دەنگی کەڕەنا شل بکەن!“
بەڵام گوتتان: ”گوێ شل ناکەین.“

[a] ٣ مەبەستی لە پاشا و لەشکرەکانیانە.

١٨ لەبەر ئەوە ئەی نەتەوەکان، گوێ بگرن،
ئەی شایەتەکان، بزانن چییان بەسەردێت.
١٩ ئەی زەوی، گوێ بگرە:
ئەوەتا من بەڵا بەسەر ئەم گەلەدا دەهێنم،
بەروبوومی بیرکردنەوەکانیانە،
چونکە گوێیان بۆ وشەکانم شل نەکرد و
فێرکردنی منیان ڕەتکردەوە.
٢٠ بەلامەوە گرنگ نییە، بخوور لە شەباوە بێت و
قامیشی بۆنخۆش لە خاکێکی دوورەوە؟
قوربانی سووتاندنەکانتان قبوڵ نین و
قوربانییە سەربڕدراوەکانتان لەلای من خۆش
نین.»

٢١ لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«من کۆسپ بۆ ئەم گەلە دادەنێم،
باوکان و کوڕان پێکەوە ساتمەی لێ دەکەن،
دراوسێ و هاوڕێ لەناودەچن.»

٢٢ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا! سوپایەك لە خاکی باکوورەوە دێت،
نەتەوەیەکی مەزن لەوپەڕی زەوییەوە
هەڵدەستێنرێت.
٢٣ کەوان و ڕمیان بە دەستەوەیە،
دڵڕەقن و بەزەییان نییە،
دەنگیان وەك دەریا هاژەی دێت و
سواری ئەسپ دەبن،
وەك یەك پیاو ڕیز دەبەستن
بۆ هێرشکردنە سەر تۆ، ئەی سییۆنی کچ.»

٢٤ هەواڵی ئەوانمان بیست،
وەرمان ڕووخا،
تووشی تەنگانە بووین،
تووشی ئازار بووین وەك ئازاری ژنی ژانگرتوو.
٢٥ دەرمەچن بۆ کێڵگە!
بە ڕێگادا مەڕۆن!
چونکە دوژمن شمشێری پێیە،
لە هەموو لایەکەوە ترس و تۆقین هەیە.
٢٦ ئەی گەلەکەم، جلوبەرگی گوش بپۆشە،
خۆت لە خۆڵەمێش بگەوزێنە،
شینی تاقانەیەك بۆ خۆت بگێڕە، بە لاوانەوەیەکی
تاڵ،
چونکە لەناکاو تێکدەر بەسەرماندا دەدات.

٢٧ «ئەی یەرمیا، تۆم لەنێو گەلەکەم دانا،
وەك تاقیکەرەوە و سەنگی مەحەك،
بۆ ئەوەی ڕەفتاریان بزانیت و
تاقییان بکەیتەوە.
٢٨ هەموو یاخی و کەللەڕەقن،
بە پەلەن بۆ بوختانکردن،
ئەوان بڕۆنز و ئاسنن،
هەموو تێکدەرن.
٢٩ مووشەی دێت مووشەدەمە[a]
بۆ ئەوەی بە ئاگر قورقوشم بفەوتێنێت،
بەڵام بێهوودە زێڕنگەر بێگەردی دەکات،
بەدکاران بێگەرد نابن.
٣٠ پێیان دەگوترێت زیوی ناپەسەند،
چونکە یەزدان پەسەندی نەکردوون.»

## پشتبەستن بە قسەی هەڵخەڵەتێنەر

٧ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە بۆ
یەرمیا هات: ٢ «لەناو دەروازەی ماڵی یەزدان
بوەستە و لەوێ ئەم پەیامە ڕابگەیەنە و بڵێ:
«”گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن، ئەی هەموو
گەلی یەهودا، ئەوانەی لەم دەرگایە بۆ کڕنۆش بردن
بۆ یەزدان دێنە ژوورەوە. ٣ یەزدانی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ڕێگا و کردەوەکانتان
چاك بکەنەوە و منیش لەم شوێنەدا نیشتەجێتان
دەکەم. ٤ پشت بەم قسە هەڵخەڵەتێنەرە مەبەستن،
بڵێن: ’ئەمە پەرستگای یەزدانە، پەرستگای یەزدانە،
پەرستگای یەزدانە!‘ ٥ چونکە ئەگەر بە تەواوی ڕێگا و
کردەوەکانی خۆتان چاککردەوە، ئەگەر لەنێو خۆتان

[a] ٢٩ ئامرازێکە بۆ فووکردنی هەوا بۆ گەرمکردنی ئاگر بەکاردێت.

به تەواوی دادپەروەری پەیڕەو بکەن، ٦ئەگەر ستەم لە نامۆ و هەتیو و بێوەژن نەکەن، لەم شوێنەدا خوێنی بێتاوان نەڕێژن، ئەگەر دوای خوداکانی دیکە نەکەون کە بۆ خراپەی خۆتانە، ٧ئەوا من لەم شوێنەدا نیشتەجێتان دەکەم، لەو خاکەی لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە بە باوباپیرانتانم داوە. ٨بەڵام ئێوە پشتتان بە قسەی هەڵخەڵەتێنەر بەستووە کە بێ سوودە.

٩«”ئایا وا دەزانن دەتوانن بدزن، بکوژن، داوێنپیسی بکەن، سوێند بە درۆ بخۆن، بخوور بۆ بەعل بسووتێنن و دوای خوداکانی دیکە بکەون کە نایانناسن، ١٠ئینجا بێن و لەبەردەمم لەم ماڵە بوەستن کە ناوی منی هەڵگرتووە و بڵێن: ’ئێمە پارێزراوین.‘ ئایا پارێزراون بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ئەنجامدانی ئەم هەموو کارە قێزەونانە؟ ١١ئایا ئەم ماڵەی ناوی منی هەڵگرتووە، لەبەرچاوی ئێوە بووە بە ئەشکەوتی دزان؟ ئەوەتا خۆم بینیومە.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٢«یەزدان دەفەرموێت: ”ئێستا بڕۆنە شوێنەکەم کە لە شیلۆیە، ئەوەی سەرەتا ناوی خۆمم لەوێ نیشتەجێ کرد، ببینن لەبەر خراپەی ئیسرائیلی گەلی خۆم چیم لێکردووە. ١٣ئێستاش لەبەر ئەوەی ئێوە ئەم کردەوانەتان کردووە، من پێش وەخت چەند جارێك قسەم لەگەڵتان کرد، بەڵام گوێتان نەگرت. بانگم کردن، بەڵام وەڵامتان نەدایەوە. ١٤لەبەر ئەوە، چیم بە شیلۆم کرد،[a] ئاوا بەو پەرستگایە دەکەم کە ناوی منی هەڵگرتووە کە ئێوە پشتتان پێی بەستووە، ئەو شوێنەی دامە ئێوە و باوباپیرانتان. ١٥لەبەردەمم دەرتاندەکەم، وەك چۆن براکانتانم دەرکرد، هەموو نەوەی ئەفرایم.“

١٦«تۆش نزا بۆ ئەم گەلە مەکە، لەبەر ئەوان نوێژ و نزا بەرز مەکەوە و لێم مەپاڕێوە، چونکە گوێت لێ ناگرم. ١٧ئایا نابینیت لە شارۆچکەکانی یەهودا و لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم چی دەکەن؟ ١٨منداڵ دەچنە داران، باوك ئاگر دەکەنەوە، ژن هەویر دەشێلن، بۆ ئەوەی کولێرە بۆ شاژنی[b] ئاسمان بکەن. شەرابی پێشکەشکراو بۆ خوداکانی دیکە دەڕێژن بۆ ئەوەی پەستم بکەن. ١٩بەڵام ئایا ئەم پەستکردنە لە دژی منە؟ ئایا زیان بە خۆیان ناگەیەنن، بۆ شەرمەزاری ڕووی خۆیان؟ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢٠«”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەوەتا تووڕەیی و هەڵچوونی من بەسەر ئەم شوێنەدا هەڵدەڕژێت، بەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختی کێڵگە و بەروبوومی زەوی، گڕ دەگرێت و ناکوژێتەوە.

٢١«”یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: قوربانی سووتاندنەکانتان بخەنە سەر قوربانییە سەربڕدراوەکانتان و فەرموون گۆشت بخۆن، ٢٢چونکە کاتێك لە خاکی میسرەوە باوباپیرانی ئێوەم دەرهێنا لەگەڵیان دوام، تەنها سەبارەت بە قوربانی سووتاندن و سەربڕاو فەرمانم پێ نەکردن، ٢٣بەڵکو فەرمانی ئەم شتەم پێ کردن و فەرمووم: ’گوێم لێ بگرن، من دەبم بە خودای ئێوە و ئێوەش دەبن بە گەلی من، بە هەموو ئەو ڕێگایەدا دەڕۆن کە فەرمانتان پێ دەکەم بۆ ئەوەی بۆتان چاك بێت.‘ ٢٤بەڵام گوێیان نەگرت و گوێیان شل نەکرد، بەڵکو بە ڕاوێژ و کەللەڕەقییە خراپەکەی خۆیان ڕێگایان گرتەبەر، جا دواکەوتن و پێش نەکەوتن. ٢٥لەو ڕۆژەوە کە باوباپیرانتان خاکی میسریان بەجێهێشت هەتا ئەمڕۆ، من بەردەوام یەك لەدوای یەك بەندە پێغەمبەرەکانی خۆمم بۆ ناردوون. ٢٦بەڵام گوێیان لێ نەگرتم و گوێیان شل نەکرد و کەللەڕەقییان کرد، لە باوباپیرانیان زیاتر خراپەیان کرد.

٢٧«جا تۆش بە هەموو ئەم پەیامە لەگەڵیان دەدوێیت، گوێت لێ ناگرن، بانگیان دەکەیت، وەڵامت نادەنەوە. ٢٨لەبەر ئەوە پێیان دەڵێیت: ”ئەمە ئەو نەتەوەیەیە کە گوێیان لە یەزدانی پەروەردگاریان نەگرت و تەمبێ نەبوون، ڕاستی

[a] ١٤ ئاسەوارناسان ئاشکرایان کردووە کە شیلۆ نزیکەی لە ساڵی ١٠٥٠ پ. ز. بە دەستی فەلەستییەکان وێران کراوە. بڕوانە زەبوورەکان ٧٨:٦٠-٦١.

[b] ١٨ ئەمە ناوە بابلییەکەی عەشتارە.

نەماوە، لە دەمیان بڕاوەتەوە. [٢٩]قژت ببڕە و فڕێیبدە،
لەسەر گردۆڵکەکان شیوەن بگێڕە، چونکە یەزدان
ڕەتی کردووەتەوە و وازی لەم نەوەیە هێناوە کە
تووڕەییەکەی لەسەریەتی.“

## دۆڵی کوشتن

[٣٠]«یەزدان دەفەرموێت: ”نەوەی یەهودا
لەبەرچاوم خراپەیان کردووە، بتە قێزەونەکانیان
لەناو ئەو ماڵە دانا کە ناوی منی هەڵگرتووە،
بەمە گڵاوییان کرد. [٣١]هەروەها نزرگەکانیان
لەسەر بەرزاییەکانی تۆفەت بنیاد ناوە، ئەوەی
لە دۆڵی بەنهینۆمە بۆ سووتاندنی کوڕەکانیان و
کچەکانیان بە ئاگر کە من نە فەرمانم پێکردووە و
نە بەخەیاڵمدا هاتبوو. [٣٢]یەزدان دەفەرموێت: لەبەر
ئەوە، ئاگاداربن! سەردەمێك دێت ئیتر پێی ناگوترێ
تۆفەت یان دۆڵی بەنهینۆم، بەڵکو دۆڵی کوشتن،
چونکە لە تۆفەت دەنێژرێن هەتا شوێنی نامێنێت.
[٣٣]تەرمی ئەم گەلە دەبێتە خۆراکی باڵندە و ئاژەڵی
کێوی، کەسیش نییە بیانڕەوێنێتەوە. [٣٤]دەنگی شادی
و دەنگی خۆشی، دەنگی زاوا و دەنگی بووك، لە
شارۆچکەکانی یەهودا و لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم
ناهێڵم، چونکە خاکەکە وێران دەبێت.

٨ «یەزدان دەفەرموێت: ”لەو کاتەدا، ئێسکی
پاشا و پیاوە گەورەکانی یەهودا، ئێسکی
کاهین و پێغەمبەران، ئێسکی دانیشتووانی ئۆرشەلیم
لە گۆڕەکانیان دەردەهێنن. [٢]بۆ خۆر و مانگ و
هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان دەریدەخەن، ئەوانەی
خۆشیان ویستن و ئەوانەی پەرستنیان و دوایان
کەوتن و ڕاوێژیان پێ کردن و کڕنۆشیان بۆ بردن.
کۆناکرێنەوە و نانێژرێن، بەڵکو دەبنە زبڵ بەسەر
ڕووی خاکەکەوە. [٣]هەموو ئەوانەی لەم نەتەوە
بەدکارە ماونەتەوە، لە هەر شوێنێك کە دەرمکردن
بۆی، مردنیان پێ لە ژیان چاکتر دەبێت. ئەمە
فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.“

## گوناه و سزا

[٤]«پێیان بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”ئایا کەسێك بکەوێت هەڵناستێتەوە؟
یان کەسێك هەڵبگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە؟
[٥]بۆچی ئەم گەلە هەڵگەڕایەوە؟
بۆچی خەڵکی ئۆرشەلیم بە بەردەوامی
هەڵدەگەڕێنەوە؟
دەستیان بە فرتوفێڵ گرتووە،
ڕەتیانکردەوە بگەڕێنەوە.
[٦]بە ئاگاییەوە گوێم شل کرد،
بەڵام ڕاستی ناڵێن.
کەس نییە لە خراپەی خۆی پەشیمان بێتەوە و
بڵێت: ’چیم کرد؟‘
هەریەکە و گەڕاوەتەوە سەر ڕێڕەوەکەی خۆی،
وەك ئەسپێکی بە تاو بۆ ناو جەنگ.
[٧]تەنانەت لەقلەق لە ئاسمان
کاتی خۆی دەزانێت،
کۆتر و پەڕەسێلکە و ڕیشۆڵەش
کاتی هاتنی خۆیان ڕەچاو دەکەن،
بەڵام گەلەکەی من نازانن
یەزدان داوای چییان لێ دەکات.

[٨]«”ئێوە چۆن دەڵێن: ’ئێمە داناین،
چونکە فێرکردنی یەزدانمان لەلایە،‘
لە کاتێکدا پێنووسی درۆی مامۆستایانی تەورات
بۆ درۆ دەستبەکار بووە؟
[٩]داناکان ڕیسوا دەبن،
دەتۆقن و پێوە دەبن.
ئەوەتا فەرمایشتی یەزدانیان ڕەتکردەوە،
ئیتر چ داناییەکیان هەیە؟
[١٠]لەبەر ئەوە ژنەکانیان دەدەمە خەڵکی دیکە،
کێڵگەکانیان بەوانەی میراتگریانن،
چونکە لە بچووکەوە هەتا گەورە
هەموو پەرۆشی قازانجن،
لە پێغەمبەرەوە هەتا کاهین
هەموو ساختە دەکەن.

١١ برینی گەلەکەم بە سووکیەوە چاك دەکەنەوە و
دەڵێن، ‹ئاشتی، ئاشتی!›
بەڵام ئاشتی نییە.
١٢ ئایا شەرمەزار بوون کاتێك کاری قێزەونیان کرد؟
نەخێر! شەرمەزار نەبوون،
هەروەها نەیانزانی شەرمەزاری چییە.
لەبەر ئەوە دەکەونە ناو کوژراوان،
لە کاتی سزادانیان تێکدەشکێن.”»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٣ یەزدان دەفەرموێت: «”دروێنەکەیان لێ دەبەم،
نە ترێ بە مێوەوە دەمێنێت،
نە هەنجیر بە دار هەنجیرەوە،
گەڵاکانیش سیس دەبن.
ئەوەی دەیاندەمێ لەلایان نامێنێت.”»

١٤ «ئێمە بۆچی دانیشتووین؟
با کۆببینەوە!
با هەڵبێین بۆ شارە قەڵابەندەکان و
لەوێ لەناوبچین!
یەزدانی پەروەردگارمان بڕیاری لەناوچوونی
ئێمەی داوە،
ئاوی ژەهراویمان دەرخوارد دەدات،
لەبەر ئەوەی لە دژی یەزدان گوناهمان کرد.
١٥ چاوەڕێی ئاشتی بووین،
بەڵام چاکە نەبوو.
چاوەڕێی کاتی چاکبوونەوە بووین،
بەڵام ئەوەتا تۆقین.
١٦ پڕمەی ئەسپەکانی ئەو
لە دانەوە دەبیسترێت،
لە دەنگی حیلەی ئەسپە بەهێزەکانی
هەموو زەوی دەلەرزێت،
جا هاتن بۆ ئەوەی بخۆن،
زەوی و هەرچی تێیدایە،
شار و دانیشتووانەکەی.»

١٧ «ئاگاداربن، ماری ژەهراوی دەنێرمە سەرتان،
کە نوشتەیان لێ ناکرێت،
ئینجا پێتانەوە دەدەن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٨ ئەی خودایە، تۆ دڵنەوایی خەمی منیت،
دڵم دەردەدارە.
١٩ ئەوەتا دەنگی هانای گەلەکەم
لە خاکێکی دوورەوە دێت:
«ئایا یەزدان لە سییۆن نییە؟
یان پاشاکەی تێیدا نییە؟»

«بۆچی بە پەیکەرە داتاشراوەکانیان پەستیان
کردم،
بە بتە هیچوپووچە بێگانەکان؟»[a]

٢٠ «دروێنە تێپەڕی،
هاوین تەواو بوو،
ئێمەش ڕزگارمان نەبوو.»[b]

٢١ لەبەر وردوخاشبوونی گەلەکەم وردوخاش بووم،
خەمبارم، تۆقین دەستی بەسەردا گرتووم.
٢٢ ئایا لە گلعاد هەتووان[c] نییە؟
ئایا پزیشك لەوێ نییە؟
ئیتر بۆچی برینی گەلەکەم
ساڕێژ نابێت؟

٩ خۆزگە سەرم گۆمی ئاو بووایە و
چاوەکانم جۆگەی فرمێسك،
جا شەو و ڕۆژ دەگریام
بۆ کوژراوەکانی گەلەکەم.
٢ خۆزگە دیوەخانێکم لە چۆڵەوانی هەبووایە،
جا وازم لە گەلەکەم دەهێنا و لەلای دەڕۆیشتم،
چونکە ئەوان هەموو داوێنپیسن و
کۆمەڵی ناپاکان.

٣ «زمانیان ئامادە دەکەن
وەك کەوانێك بۆ هاویشتنی درۆ،
بەسەر خاکەکەدا زاڵ بوون،

[a] ١٩ ئەمە بەشێکە لە فەرمایشتی خودا.
[b] ٢٠ ئەمە قسەی گەلی خودایە.
[c] ٢٢ مەرهەم بۆ ساڕێژبوونی برین.

بەڵام بە ڕێگای ڕاستی نەبوو،
چونکە لە خراپەیەکەوە دەچنە خراپەیەکی دیکە،
بەڵام دان بە مندا نانێن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٤ «با هەریەکە وریای خۆی بێت لە برادەرەکەی،
پشت بە هیچ برایەك مەبەستن،
چونکە هەموو برایەك وەك یاقوب
هەڵخەڵەتێنەرە[a] و
هەموو برادەرێك بوختانکەرە.
٥ هەرکەسە و برادەری خۆی فریودەدات،
کەس بە ڕاستی نادوێت.
زمانی خۆیان بە درۆ ڕاهێناوە،
خۆیان لە خراپە ماندوو بوون.
٦ تۆ لەناو فرتوفێڵ دادەنیشیت،
بە فرتوفێڵ ڕەتیان کردەوە دان بە مندا بنێن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٧ لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من دەیانپاڵێوم و تاقییان دەکەمەوە،
لەبەر گوناهەکانیان چارەسەرێکی دیکە نییە بۆ
گەلەکەی من.
٨ زمانیان تیری کوشندەیە و
بە دەمیان فێڵ دەکەن.
هەرکەسە بە هاوڕێکەی دەڵێت، ”ئاشتی“،
بەڵام لە ناخییەوە بۆسەی بۆ دەنێتەوە.
٩ ئایا لەسەر ئەمە سزایان نەدەم؟
ئایا من تۆڵە لە نەتەوەیەکی وەك ئەمە
نەستێنمەوە؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٠ بۆ چیاکان گریان و شیوەن دەگێڕم،
بەسەر لەوەڕگاکانی چۆڵەوانیدا دەلاوێنمەوە،
چونکە ئەوان وێران بوون و کەس پێیدا
تێناپەڕێت،
دەنگی مێگەل نابیسترێت،
باڵندەی ئاسمان ڕایانکرد،
ئاژەڵ ڕۆیشتن.

١١ «ئۆرشەلیم وێران دەکەم،
دەیکەمە داڵدەی چەقەڵ،
شارۆچکەکانی یەهودا دەکەمە کاولگە
بەبێ دانیشتووان.»

١٢ کێ کەسێکی دانایە و ئەمە تێدەگات؟ کێ
ئەوەی یەزدان فێری کرد دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە؟
بۆچی زەوی لەناوچوو، چۆڵەوانی وێران بوو، کەس
ناتوانێت لێی بپەڕێتەوە؟
١٣ یەزدان فەرمووی: «لەبەر ئەوەی وازیان لە
فێرکردنەکەم هێنا، ئەوەی خستمە پێشیان پەیڕەویان
نەکرد، گوێڕایەڵی من نەبوون. ١٤ لەبری ئەوە، بەدوای
کەللەڕەقی خۆیان کەوتن، بەدوای بەعلەکان کەوتن،
کە باوباپیرانیان فێریان کردن.» ١٥ لەبەر ئەوە یەزدانی
سوپاسالار، خودای ئیسرائیل، ئاوا دەفەرموێت:
«ئەوەتا من زەقنەبووت دەرخواردی ئەم گەلە
دەدەم و ئاوی ژەهراوییان پێ دەنۆشم. ١٦ بەناو
چەندین نەتەوەدا پەرتیان دەکەم کە نە خۆیان و
نە باوباپیرانیان نەیانناسیون، بە شمشێریش ڕاویان
دەنێم هەتا لەناویان دەبەم.»
١٧ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«سەرنج بدەن! بانگی ژنە ماتەمگێڕەکان بکەن
هەتا بێن،
بنێرن بەدوای ژنە شارەزاکان.
١٨ با خێرا بێن و دەنگی شیوەن بەسەرماندا هەڵبڕن،
چاوەکانمان فرمێسك بڕێژێت و
پێڵووەکانمان ئاویان لێ هەڵبقوڵێت.
١٩ چونکە دەنگی شیوەن لە سییۆنەوە بیسترا،
”چۆن تێکدراین!
چەند شەرمەزار بووین!
چونکە زەوییەکەمان بەجێهێشت،
چونکە ماڵەکانمان کاول کران.“»

٢٠ ئەی ژنان، گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن،
گوێ لە فەرمایشتی دەمی ئەو بگرن.

[a] ٤ بڕوانە چیرۆکی یاقوب لە پەیدابوون ٢٧:٣٦.

کچەکانتان فێری شیوەن بکەن،
هەر ژنێکیش دەستەخوشکەکەی فێری ماتەم
گێڕان بکات.
٢١ مردن بە پەنجەرەکانمان هەڵگەڕا،
هاتە ناو قەڵاکانمانەوە،
بۆ قڕکردنی منداڵان لە کۆڵان و
لاوان لە گۆڕەپانەکان.
٢٢ بڵێ: «یەزدان ئەمە دەفەرمووێت:

«”تەرمی مرۆڤ دەکەوێت،
وەک زبڵ بەسەر ڕووی کێڵگەوە،
وەک چەپکی دوای دروێنەکەر،
کەس نییە کۆی بکاتەوە.“»

٢٣ یەزدان ئەمە دەفەرمووێت:

«با دانا شانازی بە دانایی خۆی نەکات،
با پاڵەوان شانازی بە پاڵەوانییێتی خۆی نەکات،
با دەوڵەمەند شانازی بە دەوڵەمەندییێتی خۆی
نەکات،
٢٤ بەڵکو ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بەمە
بکات:
کە لە من تێدەگات و دەمناسێت،
کە من یەزدانم، ئەوەی خۆشەویستی نەگۆڕ و
دادوەری و ڕاستودروستی لەسەر زەوی
دەهێنمە دی،
چونکە خۆشی لەمانە دەبینم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢٥ یەزدان دەفەرمووێت: «سەردەمێک دێت، سزای
هەموو ئەوانە دەدەم کە تەنها بە لەش خەتەنە
کراون، ٢٦ خەڵکی میسر و یەهودا و ئەدۆم و عەمۆن
و مۆئاب و قژبڕاوەکانی[a] دانیشتووی چۆڵەوانی.
هەموو نەتەوەکان خەتەنە نەکراون و هەموو
بنەماڵەی ئیسرائیلیش دڵیان خەتەنە نەکراوە[b].»

[a] ٢٦ خەڵکێک بوون وەک نەریتێکی بتپەرستی پرچیان بڕیوە.
[b] ٢٦ هەرچەندە بنەماڵەی ئیسرائیل جەستەیان خەتەنەکراوە، بەڵام ڕۆحیان تەرخان نەکراوە بۆ یەزدان.

## خودا و بتەکان

١٠ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ بگرن یەزدان
چی بە ئێوە دەفەرمووێت. ٢ یەزدان ئەمە
دەفەرمووێت:

«ئێوە نەریتی نەتەوەکان فێر مەبن و
لە نیشانەکانی ئاسمان مەتۆقن،
هەرچەندە نەتەوەکان لەم شتانە دەتۆقن.
٣ چونکە نەریتی نەتەوەکان مایەپووچە:
درەختی بڕاوەی دارستانن،
دارتاش بە ئەسکەنە دروستیان دەکات،
٤ بە زێڕ و زیو دەیڕازێننەوە و
بە مێخ و چەکوش توندیان دەکەن
بۆ ئەوەی نەلەقن.
٥ وەک داوەڵی[c] لە بێستانی خەیاردان،
بتەکانیان قسە ناکەن،
بە هەڵگرتن هەڵدەگیرێن،
چونکە هەنگاو نانێن،
لێیان مەترسن، چونکە زیان نابەخشن،
هەروەها ناتوانن هیچ سوود بگەیەنن.»

٦ ئەی یەزدان، کەس وەک تۆ نییە،
تۆ مەزنیت،
لە پاڵەوانییێتی ناوت گەورەیە.
٧ کێ لێت ناترسێت،
ئەی پاشای نەتەوەکان؟
چونکە لە تۆ دەوەشێتەوە.
لەناو هەموو دانایانی نەتەوەکان و
لە هەموو شانشینەکانیان،
کەس هاوتای تۆ نییە.

٨ تێکڕا دەبەنگ و گێل بوون،
شتی پووچ لە بتی دارین فێر دەبن.
٩ زیوی کوتراوە لە تەرشیشەوە دەهێنن و
زێڕ لە ئوفازەوە.
دەستکردی پیشەوەرە و دەستی زێڕنگەرە،

[c] ٥ لە دار و پەڕۆ لە شێوەی مرۆڤ دروستدەکرێت بۆ ڕەوینەوەی پەلەوەر، بۆ ئەوەی زیان بە کێڵگە نەگەیەنن.

بەرگیان مۆر و ئەرخەوانییە،
هەمووی دەستکردی وەستایانن.
١٠ بەڵام تەنها یەزدان پەروەردگاری ڕاستییە،
ئەو خودای زیندوو و پاشای هەتاهەتاییە،
زەوی لەبەر تووڕەیی ئەو دەلەرزێت و
نەتەوەکان بەرگەی هەڵچوونی ئەو ناگرن.

١١ «ئاوایان پێ دەڵێن: ”ئەو خوداوەندانەی ئاسمان
و زەوییان دروستنەکردووە، لەسەر زەوی و لەژێر
ئەم ئاسمانە لەناودەچن.“»

١٢ بەڵام یەزدان بە هێزی خۆی زەوی دروستکردووە،
بە دانایی خۆی جیهانی دامەزراندووە،
بە تێگەیشتنی خۆی ئاسمانی ڕاخستووە.
١٣ کاتێک دەنگ هەڵدەبڕێت، ئاوەکانی ئاسمان
هاژەیان دێت،
هەڵمەکان لەوپەڕی زەوییەوە بەرز دەکاتەوە،
بروسکە بۆ باران دروستدەکات،
با لە ئەمباری خۆی دەردەهێنێت.

١٤ هەموو کەسێك بێ زانیارییە و دەبەنگە،
هەموو زێڕنگەرێك بە پەیکەرەکەی[a]
شەرمەزارە،
چونکە داڕێژراوی درۆن و
ڕۆحیان تێدا نییە.
١٥ ئەوان پووچن، مایەی گاڵتەجاڕین،
لە کاتی سزادانیان لەناودەچن.
١٦ بەڵام خودا، ئەوەی بەشی یاقوبە وەك ئەمانە
نییە،
چونکە ئەو دروستکەری هەموو شتێکە،
ئیسرائیل هۆزی میراتی ئەویشی داناوە،
یەزدانی سوپاسالار، ئەمە ناوی ئەوە.

## هاتنی وێرانی

١٧ لەم خاکە بوخچەکەت بپێچەوە،
ئەی دانیشتووی ژێر ئابڵوقە!
١٨ چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەم جارە دانیشتووانی ئەم خاکە
دەردەکەمە دەرەوە،
تەنگیان پێ هەڵدەچنم هەتا ئەوەی هەستی
پێدەکەن.»

١٩ وەی لە حاڵم لەبەر وردوخاشبوونم!
برینەکەم بێ چارەیە!
بەڵام بە خۆمم گوت: «بێگومان ئەمە دەردی منە
و
دەبێ بەرگەی بگرم.»
٢٠ چادرەکەم تێکدراوە،
هەموو گوریسەکانی پساون.
کوڕەکانم بەجێیان هێشتووم و نەماون،
ئیتر کەس نییە بۆ ئەوەی چادرەکەم هەڵبدات
و
پڵاسەکانی چادرەکەم ڕابگرێت.
٢١ شوانەکان دەبەنگ بوون و
داوای یەزدانیان نەکرد،
لەبەر ئەوە سەرنەکەوتن و
هەموو مێگەلەکەیان پەرتەوازە بوو.
٢٢ گوێ بگرن! دەنگی هەواڵ دێت،
هەراوهۆریای گەورە لە خاکی باکوورەوە،
تاوەکو شارۆچکەکانی یەهودا وێران بکرێن،
بکرێنە داڵدەی چەقەڵ.

## نزاکردنی یەرمیا

٢٣ ئەی یەزدان، زانیم کە مرۆڤ خاوەنی ڕێگای
خۆی نییە،
کەس ناتوانێت ڕێڕەوەکانی خۆی ئاراستە بکات.
٢٤ ئەی یەزدان، تەمبێم بکە،
بەڵام بە دادپەروەری، نەك بە تووڕەییت،
نەوەك لەناوم ببەیت.
٢٥ تووڕەییت بەسەر ئەو نەتەوانەدا ببارێنە
کە دانت پێدا نانێن و
بەسەر ئەو گەلانەی کە بە ناوی تۆوە نزا
ناکەن،
چونکە یاقوبیان خوارد،

[a] ١٤ تاشینی پەیکەر، بە مەبەستی پەرستن وەك بت.

بە تەواوی خواردیان و
نشینگەکەیان وێران کرد.

## شکاندنی پەیمانەکە

١١ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە
بۆ یەرمیا هات: ٢«گوێ لە بەندەکانی
ئەو پەیمانە بگرن و لەگەڵ پیاوانی یەهودا و
دانیشتووانی ئۆرشەلیم پێی بدوێن. ٣پێیان دەڵێیت کە
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت:
”نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی گوێڕایەڵی بەندەکانی
ئەو پەیمانە نابێت، ٤کە من فەرمانم بە باوباپیرانتان
کرد، لەو ڕۆژەی لە خاکی میسر، لەناو کوورەی ئاسن
دەرمهێنان.“ فەرمووم: ”گوێم لێ بگرن و کاریان پێ
بکەن بەپێی هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکەم. جا
دەبن بە گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئێوە، ٥بۆ
ئەوەی ئەو سوێندە بەجێبهێنم کە بۆ باوباپیرانتان
خواردم کە خاکێکیان بدەمێ شیر و هەنگوینی لێ
بڕژێتەوە،“ هەروەك ئەو خاکەی ئەمڕۆ تێیدان.»
منیش وەڵامم دایەوە: «ئامین، ئەی یەزدان!»
٦ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «تەواوی ئەم پەیامە
لەناو شارۆچکەکانی یەهودا و لە شەقامەکانی
ئۆرشەلیم ڕابگەیەنە و بڵێ: ”گوێ لە بەندەکانی
ئەم پەیمانە بگرن و کاریان پێ بکەن، ٧چونکە لەو
ڕۆژەوە کە باوباپیرانی ئێوەم لە خاکی میسرەوە
هێنایە دەرەوە هەتا ئەمڕۆ، بە تەواوی و بەردەوام
ئاگادارم کردوونەتەوە و بە ڕوونی فەرموومە: ’گوێم
لێ بگرن.‘ ٨نە گوێیان گرت و نە گوێیان شل کرد،
هەریەکە بەدوای کەللەڕەقییە خراپەکەی خۆی
کەوت، جا منیش هەموو نەفرەتەکانی ئەم پەیمانەم
بەسەریاندا هێنا، ئەوەی فەرمانم پێکردن کە کاری
پێ بکەن، بەڵام نەیانکرد.“»
٩ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «بە پیلانگێڕیم زانیوە
لەنێو پیاوانی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم.
١٠گەڕانەوە سەر تاوانی باوباپیرانی پێشوویان، کە
ڕەتیان کردەوە گوێ لە پەیامەکەم بگرن، کەوتنە
دوای خوداوەندەکانی دیکە بۆ ئەوەی بیانپەرستن.
بنەماڵەی ئیسرائیل و بنەماڵەی یەهودا ئەو
پەیمانەیان شکاند کە لەگەڵ باوباپیرانیان بەستم.
١١لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئەوەتا من
بەڵایەکیان بەسەردا دەهێنم کە نەتوانن لێی دەرباز
بن، جا هاوارم بۆ دەکەن و منیش گوێیان لێ ناگرم.
١٢شارۆچکەکانی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم
دەچن و هاوار دەبەن بۆ ئەو خوداوەندانەی
بخووریان بۆ دەسووتێنن، بەڵام ئەوان لە
کاتی بەڵایان ڕزگاریان ناکەن. ١٣ئەی یەهودا،
خوداوەندەکانت هێندەی ژمارەی شارۆچکەکانت
بوون، قوربانگاتان هێندەی ژمارەی شەقامەکانی
ئۆرشەلیم بوون بۆ بخوور سووتاندن بۆ خوداوەندی
بەعلی شەرمەزاری.“
١٤«تۆش لە پێناوی ئەم گەلە نوێژ مەکە و لە
پێناویان پاڕانەوە و نزا بەرز مەکەرەوە، چونکە لە
کاتی هاوارکردنیان بۆم لەبەر بەڵاکەیان گوێیان لێ
ناگرم.

١٥ «ئەی ئەویندارەکەم، لە پەرستگاکەم چی
دەکەیت،
پلانگێڕیت لەگەڵ زۆر لایەن داڕشتووە،
ئایا گۆشتی قوربانی پیرۆزکراو سزات لەسەر
لادەبات؟
کاتێك خراپە دەکەیت،
ئینجا دڵخۆش دەبیت.»

١٦ یەزدان ناوی لێنایت زەیتوونی سەوز
لەگەڵ بەروبووم بە شێوەی جوان،
بەڵام بە دەنگی هاتوهەرایەکی گەورە
ئاگری لەسەر کردەوە
جا لقەکانی دەشکێنرێن.

١٧یەزدانی سوپاسالار، ئەوەی تۆی چاند، بڕیاری دا
تووشی بەڵاتان بکات، لەبەر خراپەکەی بنەماڵەی
ئیسرائیل و بنەماڵەی یەهودا، کە بخووریان بۆ بەعل
سووتاند، بەو خراپەیە پەستیان کردم.

## پیلان لە دژی یەرمیا

١٨ یەزدان پیلانی ئەوانی بۆ من ئاشکرا کرد، جا
زانیم، لەم کاتەدا کردارەکانی ئەوانی پیشاندام.
١٩ منیش وەك بەرخێکی دەستەمۆ بۆ سەربڕین
ببردرێت، نەمزانی پیلانیان لە دژی من گێڕاوە و
دەڵێن:

«با دارەکە بە بەرەکەیەوە لەناو ببەین،
با لە خاکی زیندووان بیبڕینەوە،
ئیتر یادی ناوی ناکرێتەوە.»
٢٠ بەڵام تۆ، ئەی یەزدانی سوپاسالار، دادوەری
ڕاستودروست،
تاقیکەرەوەی مێشك و دڵ،
با تۆڵەسەندنەوەت لەوان ببینم،
چونکە کێشەی خۆمم بە تۆ سپارد.

٢١ «لەبەر ئەوە فەرمایشتی یەزدان ئەمەیە
سەبارەت بە پیاوانی عەناتۆت، ئەوانەی داوای
گیانی تۆ دەکەن و دەڵێن: ”بە ناوی یەزدانەوە
پەیام ڕامەگەیەنە، با بە دەستی خۆمان نەتکوژین.“
٢٢ لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:
”من سزایان دەدەم، لاوان بە شمشێر دەمرن و کوڕ
و کچیشیان بە قاتوقڕی دەمرن. ٢٣ پاشماوەشیان بۆ
نامێنێتەوە، چونکە لە ساڵی سزادانیان بەڵا بەسەر
پیاوانی عەناتۆتدا دەهێنم.“»

## سکاڵانامەی یەرمیا

١٢ ئەی یەزدان، تۆ ڕاستودروستیت
کاتێك سکاڵای خۆم بۆ تۆ دەهێنم.
لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە حوکمەکانی تۆ
دەدوێم:
بۆچی ڕێگای بەدکاران سەرکەوتووە؟
بۆچی هەموو ناپاکەکان ئاسوودەن؟
٢ ئەوانت چاند و ڕەگیان داکوتا،
گەشەیان کرد و بەریان دا.
تۆ هەردەم لەسەر زاری ئەوانیت
بەڵام لە دڵیان دووریت.
٣ بەڵام ئەی یەزدان، تۆ دەمناسیت،
دەمبینیت و لەلای خۆت دڵی من تاقی
دەکەیتەوە.
وەك مەڕ بۆ سەربڕین جیایان بکەوە!
بۆ ڕۆژی کوشتن تەرخانیان بکە!
٤ هەتا کەی زەوی بگریێ و
گیای هەموو کێڵگەکان وشك بێت؟
لەبەر خراپەی دانیشتووانەکەی
ئاژەڵ و باڵندە لەناوچوون،
چونکە گوتیان: «خودا کۆتایی ئێمە نابینێت.»

## وەڵامی خودا

٥ «ئەگەر لە ڕاکردن لەگەڵ پیادەکان ماندوو بیت،
ئەی چۆن پێشبڕکێ لەگەڵ ئەسپەکان دەکەیت؟
ئەگەر لەسەر خاکێکی سەلامەت ساتمە دەکەیت
و دەکەویت،
ئەی لە دەوەنەکانی ڕووباری ئوردون چی
دەکەیت؟
٦ چونکە براکانت و بنەماڵەکەشت،
ئەوانیش ناپاکییان لەگەڵ کردیت،
ئەوانیش پڕ بەدەم بەدواتدا هاواریان کرد.
لێیان دڵنیا مەبە، هەرچەندە باسی چاکەشیان
بۆ کردیت.

٧ «واز لە ماڵی خۆم دەهێنم،
میراتی خۆم ڕەت دەکەمەوە،
ئەویندارەکەی خۆم
دەخەمە چنگی دوژمنەکانیەوە.
٨ میراتەکەم لێم دەبێتە
شێرێك لە دارستان،
بەسەرمدا دەنەڕێنێت،
لەبەر ئەوە دژایەتی دەکەم.
٩ میراتەکەم مەلی گۆشتخۆری خاڵدارە،
مەلە گۆشتخۆرەکانی دیکە چواردەوریان داوە و
هێرشیان کردووەتە سەری؟
بڕۆن هەموو ئاژەڵە کێوییەکان کۆبکەنەوە،
بیانهێنن بۆ خواردن.

١٠ زۆر شوان ڕەزەمێوەکەی من تێکدەدەن،
کێڵگەکەی من پێپەست دەکەن.
کێڵگە ئارەزووبەخشەکەی من
دەکەنە چۆڵەوانییەکی کاول.
١١ دەیکەنە کاولگە،
کاولگە شیوەن بۆ من دەگێڕێت.
هەموو زەوی کاول دەبێت،
چونکە کەس نییە گرنگی پێبدات.
١٢ لەسەر هەموو گردۆڵکەکانی چۆڵەوانی
تالانکەران دێن،
چونکە شمشێری یەزدان
لەوپەڕی زەوییەوە هەتا ئەم پەڕی دەخوات،
ئاشتی بۆ هیچ کەسێك نابێت.
١٣ گەنم دەچێنن و دڕك دەدورنەوە،
ماندوو دەبن و قازانج ناکەن.
ئیتر شەرمەزار دەبن لە بەروبوومەکەتان،
لە گڕی تووڕەیی یەزدان.»

١٤ یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «ئەو نەتەوە
بەدکارانەی دراوسێم کە دەستیان لە میراتەکەم دا
کە دامە ئیسرائیلی گەلەکەم، ئەوەتا لە خاکەکەدا
ڕیشەکێشیان دەکەم و بنەماڵەی یەهوداش
لەناوەڕاستیان ڕیشەکێش دەکەم. ١٥ لەدوای ئەوەی
ڕیشەکێشیان دەکەم، دەگەڕێمەوە بەزەییم پێیاندا
دێتەوە، هەریەکە بۆ میراتەکەی خۆی و بۆ خاکەکەی
خۆی دەگەڕێنمەوە. ١٦ لە ڕابردوو گەلەکەی منیان
فێرکرد سوێند بە ناوی بەعل بخۆن، بەڵام ئەگەر
ئێستا بە تەواوی فێری نەریتی گەلەکەی من ببن،
ئەگەر سوێندیان بە ناوی من خوارد و گوتیان: "بە
یەزدانی زیندوو،" ئەوا لەنێو گەلەکەم بنیاد دەنرێن.
١٧ بەڵام هەر نەتەوەیەك ئەگەر گوێ نەگرێت، من لە
ڕەگەوە ڕیشەکێشی دەکەم و لەناوی دەبەم.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

## پشتێنێکی کەتان

١٣ یەزدان ئەمەی پێ فەرمووم: «بڕۆ پشتێنێکی
کەتان بۆ خۆت بکڕە و لە ناوقەدی خۆتی
ببەستە، بەڵام مەیخەرە ناو ئاوەوە.» ٢ منیش پشتێنم
کڕی، بەپێی فەرمانی یەزدان، لە ناوقەدی خۆمم
بەست.
٣ ئینجا دووبارە فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات:
٤ «ئەو پشتێنەی کە کڕیت، کە لە ناوقەدت بەستاوە،
هەستە و بڕۆ بیبە پەرات[a] و لەوێ لە کەلێنی بەردێك
بیشارەوە.» ٥ منیش بەپێی ئەوەی یەزدان فەرمانی پێ
کردم چووم و لە پەرات شاردمەوە.
٦ دوای ماوەیەکی درێژ، یەزدان پێی فەرمووم:
«هەستە، بڕۆ بۆ پەرات و لەوێ ئەو پشتێنە هەڵبگرە
کە فەرمانم پێکردیت لەوێ بیشاریتەوە.» ٧ منیش
چووم بۆ پەرات، هەڵمکۆڵی و پشتێنەکەم لەو شوێنە
هەڵگرتەوە کە تێیدا شاردبوومەوە، ئەوەتا ڕزیوە و
بە کەڵکی هیچ نایەت.
٨ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات: ٩ «یەزدان
ئەمە دەفەرموێت: "ئاوا شانازی یەهودا و شانازییە
مەزنەکەی ئۆرشەلیم دەڕزێنم. ١٠ ئەم گەلە بەدکارەی
نایەوێت گوێ لە قسەی من بگرێت و بەدوای
کەللەڕەقی خۆی کەوتووە، بەدوای خوداوەندەکانی
دیکە دەکەوێت بۆ ئەوەی بیانپەرستێت و کڕنۆشیان
بۆ ببات، وەك ئەم پشتێنەی لێدێت کە بە کەڵکی
هیچ نایەت. ١١ وەك چۆن پشتێن لە پشتی مرۆڤ
دەبەسترێت، ئاوا هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل و
هەموو بنەماڵەی یەهودام لە پشتی خۆم بەست،
هەتا ببنە گەلی من و ناو و شانازی و شکۆمەندی،
بەڵام گوێیان نەگرت."» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## نموونەی گۆزەی شەراب

١٢ «جا ئەم فەرمایشتەیان پێ ڕابگەیەنە: "یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: هەموو
گۆزەیەکی شەراب پڕ شەراب دەبێت." جا پێت
دەڵێن: "بۆ ئێمە نازانین هەموو گۆزەیەکی شەراب
پڕ شەراب دەبێت؟" ١٣ تۆش پێیان دەڵێیت: "یەزدان
دەفەرموێت: ئەوەتا من هەموو دانیشتووانی ئەم
خاکە پڕ دەکەم لە سەرخۆشی، ئەو پاشایانەی لە

[a] ٤ پەرات: یان دەشێت ڕووباری فورات بێت.

داودن، لەسەر تەختەکەی دانیشتوون، کاهین و
پێغەمبەران و هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم. [١٤]بە
یەکتری وردوخاش دەکەم، باوك و کوڕ پێکەوە، دڵم
ناسووتێت و دەست ناپارێزم و بەزەییم نایەتەوە لە
لەناوبردنیان.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## مەترسی ڕاپێچکراوان

[١٥]گوێ بگرن و گوێ شل بکەن،
لووتبەرز مەبن،
چونکە یەزدان فەرموویەتی.
[١٦]شکۆ بدەنە یەزدانی پەروەردگارتان
بەر لەوەی تاریکی دابێنێت،
بەر لەوەی پەل بکوتن
لەسەر چیا بەر لە تاریکایی شەو.
ئێوە خوازیاری ڕووناکین
بەڵام ئەو دەیکاتە سێبەری مەرگ،
دەیکاتە ئەنگوستەچاو.
[١٧]بەڵام ئەگەر گوێ نەگرن،
بە نهێنی دەگریێم
لەبەر لووتبەرزیتان،
چاوەکانم بەکوڵ دەگریێن و
فرمێسك دەڕێژێت،
چونکە مێگەلی یەزدان ڕاپێچ کرا.

[١٨]بە پاشا و بە شاژنی دایك بڵێ:
«لەسەر تەختەکان وەرنە خوارەوە،
چونکە تاجی شکۆمەندیتان
لەسەرتان دێتە خوارەوە.»
[١٩]شارەکانی نەقەب دادەخرێن و
کەس نییە بیانکاتەوە.
هەموو یەهودا ڕاپێچ دەکرێ،
سەراپای ڕاپێچ دەکرێن.

[٢٠]چاوت هەڵبڕە[a] و
ئەوانە ببینە کە لە باکوورەوە دێن!
کوا ئەو مێگەلەی پێت درا،
ئەو مەڕانەی شانازیت پێوە دەکردن؟
[٢١]چی دەڵێی کاتێك یەزدان ئەوانەت لەسەر
دادەنێت
کە فێری هاوپەیمانیت کردن؟
ئایا ژان ناتگرێت
وەك ئەو ژنەی منداڵی دەبێت؟
[٢٢]ئەگەر لە دڵی خۆتدا بڵێی،
«بۆچی ئەمانەم بەسەرهات؟»
لەبەر زۆری تاوانت، دامێنت هەڵکرا
دەستدرێژییان کردە سەرت.
[٢٣]ئایا حەبەشی دەتوانێت پێستی خۆی بگۆڕێت،
یان پڵنگ بەڵەکەکانی؟
ئێوەش ناتوانن چاکە بکەن،
کە لە خراپە ڕاهاتوون!

[٢٤]«وەك پووش پەرتیان دەکەم
کە بای چۆڵەوانی هەڵیدەگرێت.»
[٢٥]یەزدان دەفەرموێت: «ئەمە بەختی تۆیە،
ئەو بەشەی لەلایەن منەوە پێتدراوە،
لەبەر ئەوەی منت لەبیر کرد و
پشتت بە خوداوەندی درۆیین بەست.
[٢٦]منیش دامێنت بەسەر ڕووتدا هەڵدەدەمەوە،
ئینجا دەستدریژیت دەکرێتە سەر!
[٢٧]داوێنپیسی و حیلاندنت،
بێڕوویی لەشفرۆشیت!
لەسەر گردەکان لە کێڵگە
قێزەونییەکانی تۆم بینی.
ئەی ئۆرشەلیم، قوڕبەسەرت!
هەتا کەی پاك نابیتەوە؟»

## وشکەساڵی و برسێتی و شمشێر

١٤ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بۆ یەرمیا سەبارەت بە وشکەساڵییەکە:

[٢]«یەهودا شیوەن دەگێڕێت و
شارەکانی دادەڕزێن،
بۆ خاکەکە ماتەم دەگێڕن،

---

[a] ٢٠ مەبەستی لە شاری ئۆرشەلیمە.

هاواری ئۆرشەلیمیش بەرزبووەوە.
[٣]گەورەکان خزمەتکارەکانی خۆیان بۆ ئاو نارد،
هاتنە سەر ئەمباراوەکان،
بەڵام ئاویان نەدۆزییەوە.
بە گۆزەی بەتاڵەوە گەڕانەوە،
شەرمەزار و ڕیسوا بوون،
سەری خۆیان شۆڕکرد.
[٤]لەبەر ئەوەی خاکەکە شەقار شەقار بووە،
چونکە باران لە زەوییەکە نەباری،
جوتیاران شەرمەزاربوون،
سەری خۆیان شۆڕکرد.
[٥]تەنانەت مامزیش لە کێڵگەدا
بەچکەی بوو و وازی لێی هێنا،
چونکە گیا نەبوو.
[٦]کەرەکێوییەکان لەسەر گردۆڵکەکان ڕاوەستان،
وەک چەقەڵ بایان هەڵمژی،
چاویان شل بوو،
چونکە گیاوگۆڵ نییە.»

[٧]لەگەڵ ئەوەی تاوانەکانمان شایەتیمان لەسەر دەدەن،
ئەی یەزدان، لەبەر خاتری ناوی خۆت شتێک بکە،
چونکە هەڵگەڕانەوەکانمان زۆر بوون،
دەرهەق بە تۆ گوناهمان کرد.
[٨]ئەی هیوای ئیسرائیل،
ئەی ڕزگارکەرەکەی کاتی تەنگانە،
بۆچی لە خاکەکە وەک نامۆ دەبیت،
وەک ڕێبوارێک بۆ تەنها شەوێک بمێنێتەوە؟
[٩]بۆچی وەک پیاوێکی حەپەساو دەبیت،
وەک پاڵەوانێک توانای ڕزگارکردنی نەبێت؟
ئەی یەزدان، تۆ لەناوەڕاستمانی و
ئێمە ناوی تۆ هەڵدەگرین،
بەجێمان مەهێڵە!

[١٠]یەزدان ئاوا بەم گەلە دەفەرموێت:

«بەڕاستی حەزیان لە گەڕان کرد،
خۆیان لێ نەپاراست.
جا یەزدانیش پەسەندی نەکردن،
ئێستا تاوانەکانیان بەبیر خۆی دەهێنێتەوە و
لەسەر گوناهەکانیان سزایان دەدات.»

[١١]هەروەها یەزدان پێی فەرمووم: «نوێژ بۆ
چاکەی ئەم گەلە مەکە. [١٢]هەرچەندە بەڕۆژووش بن
گوێ لە هاواریان ناگرم، کاتێک قوربانی سووتاندن
و پێشکەشکراوی دانەوێڵە پێشکەش بکەن قبوڵی
ناکەم، بەڵکو من بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد
کۆتاییان پێ دەهێنم.»
[١٣]منیش گوتم: «ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست،
ئەوەتا پێغەمبەرەکان پێیان دەڵێن: ”تووشی
شمشێر و قاتوقڕی نابن، بەڵکو لەم شوێنەدا ئاشتی
چەسپاوتان دەدەمێ.“»
[١٤]یەزدانیش پێی فەرمووم: «ئەو پێغەمبەرانە بە
درۆ بە ناوی منەوە پێشبینی دەکەن. من نەمناردوون
و دەستنیشانم نەکردوون و قسەم لەگەڵ نەکردوون.
ئەوان بە بینینی درۆ و فاڵگرتنەوە و پڕوپووچی
و خەیاڵی بیری خۆیان پێشبینیتان بۆ دەکەن.»
[١٥]لەبەر ئەوە یەزدان لەبارەی ئەو پێغەمبەرانەوە
دەفەرموێت: «بە ناوی منەوە پێشبینی دەکەن
و منیش نەمناردوون، ئەوان دەڵێن: ”شمشێر و
قاتوقڕی لەم خاکە نابێت.“ ئەو پێغەمبەرانە خۆیان
بە شمشێر و قاتوقڕی لەناودەچن. [١٦]ئەو گەلەش کە
ئەوان پێشبینی بۆ دەکەن، لەبەر قاتوقڕی و شمشێر
لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم فڕێدەدرێن. کەسیش نییە
بیاننێژێت، خۆیان و ژن و کوڕ و کچیان. خراپەی
شایستەی خۆیان بەسەر سەریاندا دەڕێژم.»
[١٧]«ئەم قسەیەیان پێ دەڵێیت:

«”با چاوەکانم فرمێسک بڕێژن
بە شەو و بە ڕۆژ بەبێ وەستان،
چونکە گەلەکەم، کچە پاکیزەکەم،
برینێکی ترسناکی هەیە،
لێدانێکی جەرگبڕ.

١٨ ئەگەر بچمە دەرەوە بۆ کێڵگە،
بە شمشێر کوژراوان دەبینم.
ئەگەر بێمە ناو شار،
نەخۆشەکانی قاتوقڕی دەبینم،
چونکە پێغەمبەر و کاهینیش
بەناو زەوییەکدا دەگەڕێن و نازانن چی
دەکەن.“»

١٩ «ئایا بە تەواوی یەهودات ڕەتکردووەتەوە؟
ئایا بێزت لە سییۆن دەبێتەوە؟
بۆچی وا تووشی بەڵات کردین
کە چاکبوونەوەمان نەبێت؟
چاوەڕێی ئاشتی بووین،
بەڵام چاکە نەهات،
هەروەها کاتی چاکبوونەوە،
بەڵام ئەوەتا ترس.
٢٠ ئەی یەزدان، دان دەنێین بە یاخیبوونی خۆمان و
تاوانی باوباپیرانمان،
گوناهمان دەرهەق بە تۆ کرد.
٢١ لە پێناوی ناوی خۆت، ڕەتمان مەکەوە،
تەختی شکۆی خۆت ڕیسوا مەکە،
پەیمانەکەی خۆت لەگەڵ ئێمە بەبیر بێتەوە،
مەیشکێنە.
٢٢ ئایا لەناو بتە پووچەکانی نەتەوەکان هەیە باران
ببارێنێت؟
یان ئایا ئاسمان خۆی ڕەهێڵ دەبارێنێت؟
ئەی تۆ یەزدانی پەروەردگارمان نیت؟
جا هیوامان بە تۆیە،
چونکە تۆ ئەوەی کە هەموو ئەمانەت
کردووە.»

# ١٥

ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «تەنانەت
ئەگەر موسا و ساموئێلیش لەبەردەمم
ڕاوەستن داکۆکیتان لێ بکەن، دڵم ناچێتە سەر ئەم
گەلە. لەبەرچاوی من دەریانبکە! با بڕۆن! ٢ جا کاتێک
پێت دەڵێن: ”بۆ کوێ بچین؟“ تۆش پێیان دەڵێیت:
”یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”ئەوانەی بۆ مردنن، بۆ مردن،
ئەوانەی بۆ شمشێرن، بۆ شمشێر،
ئەوانەی بۆ برسییێتین، بۆ برسییێتی،
ئەوانەی بۆ ڕاپێچن، بۆ ڕاپێچ.“»

٣ یەزدان دەفەرموێت: «چوار جۆریان بەسەرەوە
دادەنێم، شمشێر بۆ کوشتن، سەگەکان بۆ ڕاکێشان،
باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکانیش بۆ خواردن و لەناوبردن.
٤ هەموو شانشینەکانی زەوی لێتان دەتۆقن، لەسەر
ئەوەی مەنەشەی کوڕی حەزقیای پاشای یەهودا لە
ئۆرشەلیم کردی.»

٥ «ئەی ئۆرشەلیم، کێ دڵی پێت دەسووتێت؟
کێ بۆت خەمبار دەبێت؟
کێ ئاوڕدەداتەوە بۆ ئەوەی لە سەلامەتیت
بپرسێت؟
٦ تۆ وازت لە من هێنا،
لێم یاخی دەبی،
لەبەر ئەوە دەست درێژدەکەمە سەرت و لەناوت
دەبەم،
لە لێبوردنت بێزار بووم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٧ «بە شەن شەنیان دەکەم،
لە دەروازەی شارەکانی خاکەکە.
جەرگسووتاوم کرد، گەلی خۆمم لەناوبرد،
ڕەفتاری خۆیان نەگۆڕی.
٨ بێوەژنەکانیان زۆر زیاتر دەکەم،
زیاتر لە لمی دەریا.
لە نیوەڕۆدا وێرانکەری بۆ دەهێنم
بۆ سەر دایکی گەنجان.
لەناکاو
ترس و تۆقاندنی بەسەردا دەدەم.
٩ دایکی حەوت منداڵ سیس بوو،
گیانی سپارد.
هێشتا ڕۆژ بوو خۆری ئاوابوو،
شەرمەزار و ڕیسوا بوو.
پاشماوەکەشیان دەدەمە بەر شمشێر

لە بەرچاوی دوژمنانیان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٠ قوڕبەسەرم دایکە، چونکە منت بوو،
پیاوێك کە دەمەقاڵێ و ململانێی لەگەڵ
سەراپای خاکەکە هەیە!
نە قەرزم کردووە و نە قەرزیان داومەتێ،
کەچی هەمووان نەفرەتم لێ دەکەن.

١١ یەزدان فەرمووی:

«بێگومان بۆ مەبەستی چاك دەربازت دەکەم،
بێگومان وا دەکەم دوژمن
لە کاتی بەڵا و لە کاتی تەنگانەدا لێت
بپاڕێنەوە!»

١٢ «کەس دەتوانێت ئاسن بشکێنێت،
ئاسنی باکوور و بڕۆنز؟

١٣ «سامان و گەنجینەکانت
دەکەم بە تاڵانی، بەبێ نرخ،
لەبەر هەموو گوناهەکانت،
لە سەراپای خاکەکەت.
١٤ دەتکەمە کۆیلەی دوژمنەکانت،
لە خاکێك نەتناسیبێت،
چونکە تووڕەییم گڕی گرتووە
وەك ئاگرێك دەتانسووتێنێت.»

١٥ «ئەی یەزدان، تۆ دەزانیت،
بەبیری خۆتم بهێنەرەوە و گرنگیم پێبدە،
تۆڵەم بستێنەوە لە چەوسێنەرانم.
وا مەکە بەهۆی پشوودرێژی تۆ لەناوبچم،
بزانە کە لەبەر تۆ بەرگەی ڕیسواییم گرت.
١٦ کاتێك فەرموودەکانی تۆ هات، خواردم
بۆم بووە مایەی شادی و خۆشحاڵی دڵم،
چونکە من ناوی تۆم هەڵگرتووە،
ئەی یەزدان، خودای سوپاسالار.
١٧ قەت لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانەنیشتووم،
لەگەڵیشیان دڵخۆش نەبووم.
بە تەنها دانیشتم، چونکە دەستی تۆم لەسەر بوو،
پڕت کردم لە تووڕەیی.
١٨ بۆچی ژانم کۆتایی نایەت،
برینەکەم بێ چارەیە و نایەوێت چاك بێتەوە؟
ئایا وەك کەندێکی فریودەر دەبیت بۆم،
وەك کانییەك جێی متمانە نەبێت؟»

١٩ لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەگەر تۆبە بکەیت، دەتگەڕێنمەوە لای خۆم
تاکو وەك بەندەی خۆم لەبەردەستم
ڕاوەستیت.
ئەگەر قسەی بە نرخ بکەیت، نەك بێبەها،
دەتکەمە وتەبێژی خۆم.
با ئەو گەلە بگەڕێتەوە لای تۆ،
بەڵام تۆ نەگەڕێیتەوە لای ئەوان.
٢٠ دەتکەمە شوورا بۆ ئەو گەلە،
شوورایەکی بڕۆنزی پتەو،
لەگەڵت دەجەنگن
بەڵام دەرەقەتت نایەن،
چونکە من لەگەڵتدام،
بۆ ڕزگارکردن و بۆ فریاکەوتنت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢١ «لە دەستی خراپەکاران فریات دەکەوم و
لە چنگی زۆرداران دەتکڕمەوە.»

## ڕۆژی لێقەومان

١٦ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ٢«ژن مەهێنە و لەم شوێنەدا
کوڕ و کچت نەبێت.» ٣چونکە یەزدان سەبارەت
بەو کوڕ و کچانەی لەم شوێنەدا لەدایك بوون و
سەبارەت بە دایکانیان کە ئەوانیان بووە و سەبارەت
بە باوکانیان کە لەم خاکەدا ئەوانیان خستووەتەوە
ئەمە دەفەرموێت: ٤«بە نەخۆشی کوشندە دەمرن،
شینیان بۆ ناگێڕدرێت و نانێژرێن، بەڵکو دەبن بە
زبڵ لەسەر ڕووی خاکەکە. ئەوانە بە شمشێر و
قاتوقڕی لەناودەچن، تەرمیان دەبێتە خۆراکی باڵندە
ئاژەڵی کێوی.»

٥یەزدان ئەمەش دەفەرموێت: «مەچۆ بۆ ماڵی
پرسەگێڕ و مەڕۆ بۆ شینگێڕان و سەرەخۆشییان لێ
مەکە، چونکە ئاشتی خۆم، خۆشەویستی نەگۆڕ و
بەزەییم لەم گەلە داماڵیوە. ٦گەورە و بچووك لەم
خاکە دەمرن، نانێژرێن و شینیان بۆ ناگێڕدرێت
و کەس لە خەمی ئەوان لە خۆی نادات و قژی
ناڕنێتەوە. ٧لە ماتەم کەس شیوەغەریبەیان بۆ نابات
بۆ ئەوەی سەرەخۆشییان لێ بکات، سەبارەت بە
نەریتی مردوو کەس جامی سەرەخۆشی پێشکەش
ناکات، تەنانەت لەبەر دایك و باوکیشیان.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

٨«هەروەها مەچووە ماڵێك داوەتی هەبێت، بۆ
ئەوەی لەگەڵیان دابنیشیت و بخۆیت و بخۆیتەوە،
٩چونکە یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە
دەفەرموێت: ئەوەتا من لەم شوێنەدا و لە سەردەمی
ئێوە و لەبەرچاوی ئێوە دەنگی شادی و دەنگی
خۆشی و دەنگی زاوا و دەنگی بووك ڕادەگرم.

١٠«جا کاتێك هەموو ئەم قسانەت بەم گەلە
ڕاگەیاند لێت دەپرسن: "بۆچی یەزدان هەموو
ئەم بەڵا گەورەیەی سەبارەت بە ئێمە فەرمووە؟
تاوانمان چییە و گوناهمان چییە کە دەرهەق بە
یەزدانی پەروەردگارمان ئەنجاممان داوە؟" ١١تۆش
پێیان دەڵێیت، یەزدان دەفەرموێت: "لەسەر ئەوەی
باوباپیرانتان وازیان لە من هێنا، دوای خوداکانی
دیکە کەوتن و ئەوانیان پەرست و کڕنۆشیان بۆ
بردن. وازیان لە من هێنا و گوێڕایەڵی فێرکردنەکانی
من نەبوون. ١٢ئێوەش لە باوباپیرانتان زیاتر خراپەتان
کرد، ئەوەتا هەریەکە بەدوای کەللەڕەقییە خراپەکەی
خۆی کەوتووە، لە جیاتی ئەوەی گوێڕایەڵی من بن.
١٣لەبەر ئەوە لەم خاکە فڕێتاندەدەمە دەرەوە بۆ
خاکێك کە نە ئێوە و نە باوباپیرانتان نەتانناسیوە.
لەوێ بە شەو و ڕۆژ خوداکانی دیکە دەپەرستن،
چونکە من لەگەڵتان میهرەبان نابم."»

١٤هەروەها یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە
سەردەمێك دێت، چیتر ناڵێن: "بە یەزدانی زیندوو،
ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی میسرەوە
دەرهێنا،" ١٥بەڵکو دەڵێن: "بە یەزدانی زیندوو،
ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی باکوورەوە
دەرهێنا و هەروەها لە هەموو ئەو خاکانەی بۆ ئەوێ
دەریکردن." چونکە دەیانگەڕێنمەوە بۆ خاکەکەیان،
ئەوەی دام بە باوباپیرانیان.»

١٦یەزدان دەفەرموێت: «بەڵام ئێستا دەنێرم
بەدوای زۆرێك لە ماسیگران، جا وەك ماسی
دەیانگرن. پاش ئەمە دەنێرم بەدوای زۆرێك لە
ڕاوچییان و لەسەر هەموو کێوێك و هەموو گردێك
و لە کون و کەلەبەری بەردەکان ڕاویان دەکەن،
١٧چونکە چاوم لە هەموو ڕێگاکانیانە، ڕێگاکانیان
لەبەردەم من شاردراوە نین و تاوانەکەیان لەبەرچاوم
بزر نەبووە. ١٨دوو ئەوەندە سزایان دەدەم لەسەر
تاوان و گوناهەکانیان، لەسەر ئەوەی خاکی منیان بە
کەلاکی بتەکانیان گڵاو کردووە و میراتەکەی منیان
پڕکردووە لە قێزەونەکانیان.»

١٩ئەی یەزدان، ئەی هێز و قەڵای من،
ئەی پەناگای من لە ڕۆژی تەنگانە،
نەتەوەکان لەوپەڕی زەوییەوە
بۆ لای تۆ دێن و دەڵێن:
«باوباپیرانمان تەنها خوداوەندی درۆیینیان بە
میرات بۆ مایەوە،
بتی پووچی بێ کەڵك.
٢٠ئایا مرۆڤ بە خۆی خوداوەند دروستدەکات؟
بەڵێ، بەڵام خودا نین!»

٢١«لەبەر ئەوە ئەوەتا پێیان دەناسێنم،
ئەم جارە دەسەڵات و هێزی خۆمیان
پێ دەناسێنم.
ئینجا ئەوان دەزانن
کە ناوم یەزدانە.

## ١٧

«گوناهەکانی یەهودا بە قەڵەمی ئاسن
نووسراوە،
بە نووکی ئەڵماس هەڵکۆڵراوە،
لەسەر پەڕەی دڵیان و
لەسەر قۆچی قوربانگاکانیان.

٢ تەنانەت منداڵەکانیشیان ئەوانەیان بەبیر دێتەوە،
قوربانگا و ستوونە ئەشێراکانیان[a]
کە لەلای دارە سەوزەکان و
لەسەر کێوە بەرزەکان بوون.
٣ چیاکەی خۆم لە دەشتودەر و
سامان و هەموو گەنجینەکانی تۆ
دەکەم بە تاڵانی،
لەگەڵ نزرگەکانی سەر بەرزاییەکانت،
چونکە لەنێو خاکەکەت گوناهت کرد.
٤ بەخۆت دەستبەردار دەبیت لەو میراتەی
کە بە تۆم بەخشی،
دەتکەمە کۆیلەی دوژمنەکانت
لە خاکێك کە نەتناسیبێت،
چونکە ئاگرتان بەردایە تووڕەییم
هەتاهەتایە گڕدەگرێت.»
٥ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی پشت بە ئادەمیزاد
دەبەستێت،
متمانەی بە هێزی مرۆڤانە هەیە و
دڵی لەسەر یەزدان لادەبات.
٦ وەك بنچکێك لە بیابان دەبێت،
چاکە نابینێت کاتێك دێت،
لە گەرمەسێر نیشتەجێ دەبێت لە چۆڵەوانی،
لە زەوییەکی خوێیین کە کەسی تێدا ناژیێت.
٧ «بەڵام بەرەکەتدارە ئەو کەسەی پشت بە یەزدان
دەبەستێت و
متمانەی پێی هەیە.
٨ وەك دارێك دەبێت، شەتڵکراو لەدەم ئاو،
لەدەم جۆگە ڕەگ دادەکوتێت،
لە گەرما ناترسێت،
گەڵاکانی سەوزن،
گوێ بە وشکەساڵی نادات،
لە بەروبووم دان ناوەستێت.»

٩ دڵ لە هەموو شتێك فریودەرترە و
دەرمانی نییە،
کێ دەیناسێت؟
١٠ «من یەزدانم، دڵ دەپشکنم،
دەروون تاقی دەکەمەوە،
بۆ ئەوەی هەریەکە بەگوێرەی ڕەفتارەکەی پێی
بدەم،
بەگوێرەی شایستەیی کردارەکانی.»
١١ وەك کەوێك کڕکەوتبێت بەسەر ئەو هێلکانەی
خۆی نەیکردبێت،
دەوڵەمەندێك بە ناڕەوایی دەوڵەمەند بووبێت،
لە نیوەی تەمەنی وازی لێ دەهێنێت،
لە کۆتاییشدا دەبێتە گێل.
١٢ تەختی شکۆمەندییە، هەر لە سەرەتاوە بەرزە،
شوێنی پیرۆزگاکەمان.
١٣ ئەی یەزدان، هیوای ئیسرائیل!
هەموو ئەوانەی وازت لێ دێنن، شەرمەزار
دەبن،
ئەوانەی لە تۆ لادەدەن، لەسەر خۆڵ
دەنووسرێن،[b]
چونکە وازیان لە یەزدان هێنا،
لە کانی ئاوی ژیان.
١٤ ئەی یەزدان، چاکم بکەرەوە، چاك دەبمەوە،
ڕزگارم بکە، ڕزگار دەبم،
چونکە ستایشی من هەر بۆ تۆیە.
١٥ ئەوەتا ناحەزانم پێم دەڵێن:
«کوا فەرمایشتی یەزدان؟
با ئێستا بێتە دی!»
١٦ منیش هەرگیز لەوە لام نەدا شوان بم لەلای تۆ،
تۆ دەزانیت کە خوازیاری ڕۆژی کوشندە
نەبووم.
چی لە دەمم هاتووەتە دەرەوە لەبەردەمی
خۆت بووە.

[a] ٢ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ١١:٥

[b] ١٣ چارەنووسیان مردنە.

[١٧] ئەی یەزدان، مەمتۆقێنە،
تۆ پەناگای منی لە ڕۆژی لەناوچوون.
[١٨] با ڕاونەرانم شەرمەزار بن
بەڵام من شەرمەزار نەبم،
با ئەوان بتۆقن
بەڵام من نەتۆقم.
ڕۆژی لەناوچوونیان بەسەردا بهێنە،
دوو ئەوەندە وردوخاشیان بکە.

## تەرخانکردنی ڕۆژی شەممە

[١٩] یەزدان ئاوای پێ فەرمووم: «بڕۆ و لەلای دەروازەی نەوەی گەل بوەستە، ئەوەی پاشاکانی یەهودا پێیدا دێنە ژوورەوە و دەچنە دەرەوە، هەروەها لە هەموو دەروازەکانی دیکەی ئۆرشەلیم بوەستە. [٢٠] پێیان بڵێ: ”گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن، ئەی پاشاکانی یەهودا و هەموو یەهودا و هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم، ئەوانەی لەم دەروازانەوە دێنە ژوورەوە. [٢١] یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئاگاداری خۆتان بن و لە ڕۆژی شەممەدا هیچ بارێك هەڵمەگرن و بەناو دەروازەکانی ئۆرشەلیمدا بیهێننە ژوورەوە. [٢٢] هیچ بارێکیش لە ڕۆژی شەممەدا لە ماڵەکانتانەوە مەهێننە دەرەوە و هیچ کارێك مەکەن، ڕۆژی شەممە تەرخان بکەن، وەك ئەوەی فەرمانم بە باوباپیرانتان کرد. [٢٣] بەڵام گوێیان نەگرت و گوێیان پێی نەدا و کەللەڕەقییان کرد، نەیانبیست و تەمبێ نەبوون. [٢٤] بەڵام ئەگەر بە تەواوی گوێم لێ بگرن، لە ڕۆژی شەممە هیچ بارێك نەهێننە ناو دەروازەکانی ئەم شارە و ڕۆژی شەممەتان تەرخان کرد، بۆ ئەوەی هیچ کارێکی تێدا نەکەن، [٢٥] ئەوا پاشایانی سەر تەختی داود لەگەڵ پیاوە گەورەکان بە دەروازەکانی ئەم شارەدا دێنە ژوورەوە، لەگەڵ پیاوە گەورەکان بە سواری گالیسکە و ئەسپەوە، لەگەڵ پیاوانی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم دێن، ئەم شارەش هەتاهەتایە ئاوەدان دەبێت. [٢٦] ئینجا لە شارۆچکەکانی یەهودا، لە دەوروبەری ئۆرشەلیم، لە خاکی بنیامین، لە زوورگەکانی[a] خۆرئاوا، لە ناوچە شاخاوییەکان و لە نەقەبەوە دێن. قوربانی سووتاندن و قوربانی سەربڕاو، پێشکەشکراوی دانەوێڵە، بخوور و قوربانی سوپاسگوزاری دەهێننە ناو ماڵی یەزدانەوە. [٢٧] خۆ ئەگەر گوێ لە من نەگرن بۆ تەرخانکردنی ڕۆژی شەممە، بەردەوام بوون لەوەی بە بارەوە بێنە ناو دەروازەکانی ئۆرشەلیم، ئەوا من ئاگرێکی نەکوژاوە بەردەدەمە دەروازەکانی ئۆرشەلیم کە قەڵاکانی لەناودەبات.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## لە ماڵی گۆزەکەر

١٨ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات: [٢] «هەستە و بەرەو خوارەوە بڕۆ بۆ ماڵی گۆزەکەرەکە، لەوێ پەیامی خۆمت پێ ڕادەگەیەنم.» [٣] منیش بەرەو خوارەوە چووم بۆ ماڵی گۆزەکەرەکە، بینیم لەسەر چەرخەکە کار دەکات. [٤] بەڵام ئەو دەفرەی گۆزەکەرەکە لە گڵ دروستی دەکرد، تێکچوو، جا دووبارە کردییەوە بە دەفرێکی دیکە، بەو شێوەیەی گۆزەکەرەکە پێی باش بوو.

[٥] ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات: [٦] «ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئایا من ناتوانم وەك ئەم گۆزەکەرەتان لەگەڵ بکەم؟ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئێوە لەناو دەستی منن هەروەك گڵ لەناو دەستی گۆزەکەر. [٧] ئەگەر هەر کاتێك لەبارەی نەتەوەیەك و شانشینێکەوە باسی ڕیشەکێشکردن و بەزەوی دادان و لەناوبردنم کردبێت، [٨] ئەو نەتەوەیەی کە لەبارەیەوە دواوم، لە خراپەکەی تۆبە دەکات، ئینجا منیش پاشگەز دەبمەوە لەو بەڵایەی بەتەمابووم تووشی بکەم. [٩] ئەگەر هەر کاتێکیش لەبارەی نەتەوەیەك و شانشینێکەوە باسی بنیادنان و چاندن بکەم، [١٠] بەڵام لەبەرچاوم خراپە بکات و گوێڕایەڵی من نەبێت، ئەوا منیش پاشگەز دەبمەوە لەو چاکەیەی کە فەرمووم بۆی بکەم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[a] ٢٦ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەك بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

١١«ئێستاش بە پیاوانی یەهودا و دانیشتووانی
ئۆرشەلیم بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئاگاداربن!
من بەڵایەکتان بۆ ئامادە دەکەم و پیلانێك لە دژی
ئێوە دادەڕێژم. جا لەبەر ئەوە بگەڕێنەوە، هەرکەسە
و لە ڕێگا خراپەکانی، ڕێگا و کردەوەکانی خۆتان
چاك بکەنەوە.“ ١٢بەڵام گوتیان: ”بێ سوودە، چونکە
ئێمە دوای بیروڕای خۆمان دەکەوین، هەریەکەمان
بەپێی کەللەڕەقییە خراپەکەی خۆی دەکات.“»
١٣لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«لەنێو نەتەوەکان بپرسن:
کێ وەك ئەمەی بیستووە؟
بێ تامترین خراپە
ئیسرائیلی پاکیزە کردوویەتی.
١٤ئایا بەفری لوبنان
لە لووتکە بەردینەکانی دەبڕێتەوە؟
ئایا ئاوی سازگاری لەبەرڕۆیشتووی
وشك دەبێت؟
١٥بەڵام گەلەکەم منی لەیاد کردووە،
بخووری بۆ بتی پووچ سووتاندووە،
کۆسپ و تەگەرەیان خستە بەردەم ڕێگاکانیان و
ڕێچکە کۆنەکان،
تاکو بە لاڕێکان و
ڕێگا خۆش نەکراوەکاندا بڕۆن.
١٦بۆ ئەوەی خاکەکەیان وێران بێت،
بۆ هەتاهەتایە ببێتە جێگای تانە و تەشەر،
هەرکەسێك پێیدا تێبپەڕێت سەرسام بێت و
سەر بلەقێنێت.
١٧وەك بای ڕۆژهەڵات
لەبەردەم دوژمن پەرتیان دەکەم،
لە ڕۆژی کارەساتیان
پشتیان تێدەکەم، نەك ڕوو.»

١٨ئینجا ناحەزانم گوتیان: «وەرن، با پیلانێك لە
یەرمیا بگێڕین، چونکە فێرکردن لە کاهین و ڕاوێژ
لە دانا و پەیام لە پێغەمبەر نابڕێتەوە. وەرن با
بە زمانمان لێی بدەین و گوێ لە هیچ وشەیەکی
نەگرین.»

١٩ئەی یەزدان، گوێم لێ بگرە،
گوێ لە دەنگی ناحەزانم بگرە.
٢٠ئایا پاداشتی چاکە بە خراپە دەدرێتەوە؟
بەڵام چاڵێکیان بۆم هەڵکەندووە.
بەبیرت بێتەوە وەستانم لەبەردەمت،
بۆ ئەوەی لە پێناوی ئەوان بپاڕێمەوە،
تاکو تووڕەییت لێیان بگێڕمەوە.
٢١لەبەر ئەوە کوڕەکانیان بدە دەست قاتوقڕی،
بیاندە دەست شمشێر،
با ژنەکانیان جەرگسووتاو و بێوەژن بن،
پیاوەکانیشیان بمرن،
گەنجەکانیان لە جەنگ بە شمشێر بکوژرێن.
٢٢با هاوار لە ماڵەکانیانەوە ببیسترێت،
کاتێك لەپڕ چەتەیان بەسەردا دەدەیت،
چونکە چاڵیان هەڵکەند بۆ گرتنم،
تەڵەیان بۆ پێم نایەوە.
٢٣بەڵام ئەی یەزدان،
تۆ لە هەموو تەگبیرەکانیان بۆ کوشتنی من
ئاگاداربووی.
لە تاوانیان خۆش مەبە و
گوناهەکەیان لەبەرچاوت مەسڕەوە.
با لەبەردەمت تێکبشکێن،
لە کاتی تووڕەبوونت سزایان بدە.

١٩ یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «بڕۆ لای
گۆزەکەر، گۆزەیەکی گڵ بکڕە. هەندێك لە
پیرانی گەل و کاهینی پیر ببە، ٢بڕۆ دەرەوە بۆ دۆڵی
بەن‌هینۆم کە لەلای دالانی دەروازەی زبڵدانە[a]،
لەوێ ئەو پەیامە جاڕبدە کە پێتی دەڵێم. ٣بڵێ: ”ئەی
پاشایانی یەهودا و ئەی دانیشتووانی ئۆرشەلیم، گوێ
لە فەرمایشتی یەزدان بگرن. یەزدانی سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ئاگاداربن!
بەڵایەك بەسەر ئەم شوێنەدا دەهێنم کە هەرکەسێك

[a] ٢ شوێنی فڕێدانی پارچە گۆزەی شکاو بووە.

ببیستێت، گوێی بزرنگێتەوە. ٤ لەبەر ئەوەی وازیان
لێ هێنام، ئەم شوێنەیان پیس کرد و تێیدا بخووریان
بۆ خوداوەندەکانی دیکە سووتاند کە نەیان دەناسین،
نە خۆیان و نە باوباپیرانیان و نە پاشایانی یەهودا،
ئەم شوێنەیان پڕکرد لە خوێنی بێتاوانان. ٥ نزرگەی
بەعلیان لەسەر بەرزاییەکان بنیاد نا، تاکو کوڕەکانیان
بە ئاگر بسووتێنن و بیکەنە قوربانی سووتاندن بۆ
بەعل، کە من نە فەرمانم پێکردبوو و نە فەرمووبووم
و نە بەخەیاڵمدا هاتبوو. ٦ لەبەر ئەوە ئاگاداربن،
سەردەمێك دێت، چیتر ئەم شوێنە پێی ناگوترێت
تۆفەت یان دۆڵی بەن‌هینۆم، بەڵکو پێی دەگوترێت
دۆڵی کوشتن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٧ «"جا لەم شوێنەدا پیلانی یەهودا و ئۆرشەلیم
پووچ دەکەمەوە، وا دەکەم لەبەردەم دوژمنەکانیان
بە شمشێر بکوژرێن، بە دەستی ئەوانەی دەیانەوێت
لەناویان ببەن، تەرمەکانیان دەکەمە خۆراکی باڵندە
و ئاژەڵی کێوی. ٨ ئەم شارە وێران دەکەم و دەیکەمە
جێگای تانە و تەشەری خەڵك، هەرکەسێك پێیدا
تێبپەڕێت سەرسام دەبێت، گاڵتەی پێ دەکات لەسەر
هەموو ئەوەی بەسەری هاتووە. ٩ وایان لێ دەکەم
گۆشتی کوڕ و کچەکانی خۆیان بخۆن، هەریەکە
گۆشتی هاوڕێکەی خۆی دەخوات، لەبەر گەمارۆ و
ئەو تەنگانەیەی تێی دەکەون بەدەستی دوژمنانیان
کە بەدوای ئەوانەوەن بۆ کوشتنیان."
١٠ «ئینجا گۆزەکە لەبەرچاوی ئەو پیاوانە بشکێنە
کە لەگەڵتدان، ١١ پێیان بڵێ: "یەزدانی سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت: ئاوا ئەم گەلە و ئەم شارە دەشکێنم،
وەك چۆن دەفرە گۆزەکە کە نەتوانرێت جارێکی
دیکە چاك بکرێتەوە. لە تۆفەت دەنێژرێن، هەتا
ئەوەی جێی ناشتن نەمێنێت." ١٢ یەزدان دەفەرموێت:
"ئاوا لەم شوێنە و دانیشتووانەکەی دەکەم، ئەم شارە
وەك تۆفەت لێ دەکەم. ١٣ جا ماڵەکانی ئۆرشەلیم و
کۆشکەکانی پاشایانی یەهودا وەك شوێنی تۆفەت
گڵاو دەبن، هەموو ئەو ماڵانەی لە سەربانەکانیان
بخووریان سووتاند بۆ هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان
و شەرابی پێشکەشکراویان بۆ خوداوەندەکانی دیکە
پێشکەش کرد."»
١٤ ئینجا یەرمیا لە تۆفەت هاتەوە کە یەزدان
بۆ پێشبینیکردن ناردبوویە ئەوێ، لە حەوشەکەی
پەرستگای یەزدان ڕاوەستا و بە هەموو گەلی گوت:
١٥ «یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە
دەفەرموێت: "گوێ بگرن! من هەموو ئەو بەڵایە
بەسەر ئەم شارە و بەسەر هەموو گوندەکانی
دەوروبەریدا دەهێنم، ئەوەی سەبارەت بەو
فەرمووم، چونکە کەللەڕەقییان کرد و گوێیان لە
قسەی من نەگرت."»

## یەرمیا و پەشحوری کاهین

٢٠ کاتێك پەشحوری کوڕی ئیمێری کاهین
لێپرسراوی پەرستگای یەزدان گوێی لە
یەرمیا بوو پێشبینی ئەو شتانەی دەکرد، ٢ لە یەرمیای
پێغەمبەری دا و لەو کۆتەی کرد کە لەلای دەروازەی
بنیامینی سەرەوەیە، ئەوەی لە پەرستگای یەزدانە.
٣ بۆ بەیانی پەشحور یەرمیای لە کۆتەکە دەرهێنا،
یەرمیاش پێی گوت: «یەزدان تۆ بە پەشحور ناو
نابات، بەڵکو مەگۆر میسەڤیڤ[a]، ٤ چونکە یەزدان
ئەمە دەفەرموێت: "ئەوەتا دەتکەمە ترس و تۆقین
بۆ خۆت و بۆ هەموو دۆستانت، بە چاوی خۆت
دەبینی کە بە شمشێری دوژمنەکانیان دەکوژرێن.
هەموو یەهوداش دەدەمە دەست پاشای بابل، بۆ
بابل ڕاپێچیان دەکات یان دەیانداتە بەر شمشێر.
٥ هەموو سامانی ئەم شارە، هەموو بەرهەم و هەموو
شتە بەنرخەکانی و هەموو گەنجینەکانی پاشاکانی
یەهودا دەدەمە دەست دوژمنەکانیان. جا تاڵانیان
دەکەن و دەستی بەسەردا دەگرن و دەیانبەنە
بابل. ٦ تۆش ئەی پەشحور، لەگەڵ هەموو ئەندامانی
ماڵەکەت بۆ بابل ڕاپێچ دەکرێن، لەوێ دەمرن و
لەوێ دەنێژرێن، تۆ و هەموو دۆستانت کە بە درۆ
پێشبینیت بۆیان کردبوو."»

[a] ٣ واتە (مایەی ترس و تۆقین لە هەموو لایەکەوە).

## سکاڵانامەی یەرمیا

٧ ئەی یەزدان، فریوتدام و فریودرام،
تۆ لە من بەتواناتری و دەرەقەتم هاتی.
بە درێژایی ڕۆژ پێم پێدەکەنن،
هەموو گاڵتەم پێ دەکەن.
٨ چونکە هەر کاتێك بدوێم هاوار دەکەم،
جاڕی توندوتیژی و وێرانی دەدەم،
چونکە فەرمایشتی یەزدان ڕیسوایی بۆ هێنام،
گاڵتە پێکردن بە درێژایی ڕۆژ.
٩ بەڵام ئەگەر گوتم: «باسی ناکەم،
ئیتر بە ناوی ئەوەوە نادوێم،»
جا وشەکەی لە دڵمدا بوو بە ئاگرێکی داگیرساو،
پەنگخواردوو لەناو ئێسقانەکانم،
بێزاربووم لە دامرکاندنەوەی و
نەمتوانی بێدەنگ بم.
١٠ چونکە گوێم لە چپەچپی زۆر کەس بووە:
«لە هەموو لایەکەوە ترس و تۆقین هەیە!
خەبەری لێ بدەن! با خەبەری لێ بدەین!»
هەموو هاوڕێیەکانم
چاوەڕێی شکستی من دەکەن، دەڵێن:
«بەڵکو فریوبخوات،
ئینجا دەرەقەتی دێین و
تۆڵەی خۆمانی لێ دەکەینەوە.»

١١ بەڵام یەزدان وەك پاڵەوانێکی بە توانا
لەگەڵمدایە،
لەبەر ئەوە ئەوانەی دەمچەوسێننەوە دەکەون
و دەرەقەتم نایەن،
سەرناکەون و بە تەواوی ڕیسوا دەبن،
شەرمەزارییەکەیان هەرگیز لەبیر ناکرێت.
١٢ ئەی یەزدانی سوپاسالار، ئەوەی ڕاستودروست
تاقی دەکەیتەوە و
ناخ و دڵ دەپشکنیت،
با تۆڵەسەندنەوەت لەوان ببینم،
چونکە کێشەی خۆمم بە تۆ سپارد.

١٣ گۆرانی بۆ یەزدان بڵێن!
ستایشی یەزدان بکەن!
چونکە هەژار ڕزگار دەکات
لە دەستی بەدکاران.

١٤ نەفرەت لێکراوە ئەو ڕۆژەی تێیدا لەدایك بووم!
با بەرەکەتدار نەبێت ئەو ڕۆژەی دایکم منی
بووا!
١٥ نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی مژدەی دایە باوکم،
زۆر دڵخۆشی کرد و گوتی:
«کوڕێکت بووا!»
١٦ با ئەو کەسە وەك ئەو شارۆچکانەی لێ بێت
کە یەزدان بەبێ پەشیمانبوونەوە سەرەوژێری
کرد.
با بەیانییان دەنگی هاوار ببیستێت،
نەعرەتە کێشانی جەنگیش لە کاتی نیوەڕۆ،
١٧ چونکە لەناو سکی دایکمەوە نەیکوشتم،
جا دایکم دەبوو بە گۆڕم و
سکی هەمیشە هەر پڕ دەبوو.
١٨ بۆچی لە سکی دایکم هاتمە دەرەوە؟
ئایا بۆ بینینی ماندووبوون و خەم؟
ئایا بۆ کۆتایی هاتنی ڕۆژگارم بە ڕیسوایی؟

## خودا داوای سدقیا ڕەت دەکاتەوە

٢١ ئەو پەیامەی لەلایەن یەزدانەوە بۆ یەرمیا
هات، کاتێك سدقیای پاشا پەشحوری
کوڕی مەلکیا و سەفەنیای کوڕی مەعسێیاهوی
کاهینی ناردە لای و گوتی: ٢«تکایە لە پێناوی ئێمە
داوا لە یەزدان بکە، چونکە نەبوخودنەسری پاشای
بابل هێرشمان دەکاتە سەر، بەڵکو یەزدان وەك
ڕابردوو کاری سەرسوڕهێنەرمان لەگەڵ دەکات هەتا
نەبوخودنەسر لەلای ئێمە بکشێتەوە.»
٣ بەڵام یەرمیا وەڵامی دانەوە: «بە سدقیا بڵێن،
٤"یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت:
ئەو چەکانەی لە دەستتانە کە لەگەڵ پاشای بابل
و بابلییەکان شەڕی پێ دەکەن کە لە دەرەوەی
شووورای شارەکان گەمارۆیان داون، من خەریکم ئەو
چەکانە لە دژتان بەکاردەهێنم، لە ناوەڕاستی شار

کۆیان دەکەمەوە. ٥من خۆم بە دەستێکی پۆڵایین
و بازوویەکی بەهێز، بە تووڕەیی و هەڵچوونێکی بە
جۆشی گەورەوە لە دژتان دەجەنگم. ٦دانیشتووانی
ئەو شارە دەکوژم، مرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە، بە
دەردێکی گەورەوە دەمرن. ٧پاش ئەمەش، سدقیای
پاشای یەهودا و خزمەتکارەکانی و ئەوەی لەم گەلە
لە شارەکەدا ماونەتەوە، لەدوای دەرد و شمشێر و
قاتوقڕییەکە، دەیاندەمە دەست نەبوخودنەسری
پاشای بابل و دوژمنەکانیان و ئەوانەی دەیانەوێت
لەناویان ببەن. ئەوانیش دەیاندەنە بەر شمشێر و
لەگەڵیان میهرەبان نابن و دڵیان پێیان ناسووتێت
و بەزەییان پێیاندا نایەتەوە.“» ئەوە فەرمایشتی
یەزدانە.

٨«بەم گەلەش دەڵێیت: ”یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: ئێستا من ڕێگای ژیان و ڕێگای مردنتان
لەپێش دادەنێم. ٩ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە
شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناودەچێت، ئەوەش
دەچێتە دەرەوە و ڕوو لە بابلییەکان بکات، ئەوانەی
گەمارۆیان داون، دەژییت و ژیانی خۆی دەرباز
دەکات. ١٠لەبەر ئەوەی مکوڕم لەسەر ئەوەی
خراپە بەسەر ئەو شارە بهێنم نەک باشە. دەدرێتە
دەست پاشای بابل و بە ئاگر دەیسووتێنێت.“» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

١١«بە بنەماڵەی پاشای یەهودا بڵێ: ”گوێ لە
فەرمایشتی یەزدان بگرن. ١٢ئەی بنەماڵەی داود،
یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”هەموو بەیانییەک بە دادپەروەری حوکم بدەن،
تاڵانکراو لە دەستی زۆردار ڕزگار بکەن،
نەوەک تووڕەییم وەک ئاگر بتەقێتەوە،
لەبەر ئەو خراپانەی کردووتانە،
جا بسووتێنێت و کەس نەبێت بکوژێنێتەوە.
١٣ئەی ئۆرشەلیم، ئەوەی نیشتەجێی لەسەر
دۆڵەکە،
بەسەر دەشتی بەردەڵانی بەرز،
ئەوەتا من لە دژی تۆم.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
ئێوە دەڵێن: ’کێ بەسەرماندا دەدات؟
کێ دێتە ناو نشینگەکانمانەوە؟‘
١٤بەڵام من سزای شایستەی کردارەکانتان دەدەم،
ئاگر بەردەدەمە دارستانەکەی و
هەموو دەوروبەرەکەی دەخوات.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## حوکمدان لەسەر پاشا خراپەکارەکان

٢٢ یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «دابەزە بۆ
کۆشکی پاشای یەهودا و لەوێ ئەو پەیامە
ڕابگەیەنە، ٢بڵێ: ”ئەی پاشای یەهودا، ئەوەی لەسەر
تەختی داود دانیشتووی، گوێ لە فەرمایشتی یەزدان
بگرە؛ تۆ و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت، ئەوانەی
لەم دەروازانەوە دێنە ژوورەوە. ٣یەزدان ئەمە
دەفەرموێت: ’ڕاستودروستی و دادپەروەری پەیڕەو
بکەن. تاڵانکراو لە دەستی زۆردار دەرباز بکەن. نامۆ
و هەتیو و بێوەژن مەچەوسێننەوە، ستەم مەکەن،
لەم شوێنەدا خوێنی بێتاوان مەڕێژن.‘ ٤چونکە
ئەگەر بە گرنگییەوە ئەم فەرمانە پەیڕەو بکەن، ئەوا
ئەو پاشایانەی لەسەر تەختی داود دانیشتوون لە
دەروازەکانی ئەم کۆشکەوە دێنە ژوورەوە، بە سواری
گالیسکە و ئەسپەوە لەگەڵ خزمەتکاران و گەلەکەی.
٥بەڵام ئەگەر گوێ لەم فەرمانە نەگرن، سوێند بە
گیانی خۆم دەخۆم، کە ئەم کۆشکە وێران دەبێت.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٦یەزدان سەبارەت بە کۆشکی پاشای یەهودا
ئەمەش دەفەرموێت:

«هەرچەندە تۆ بۆ من وەک گلعادی،
وەک لووتکەی لوبنانی،
بەڵام وەک چۆڵەوانیت لێ دەکەم،
وەک شاری بێ دانیشتووان.
٧تێکدەرانت بۆ تەرخان دەکەم،
هەریەکە و بە ئامێرەکەیەوە،
جا باشترین داری ئورزت دەبڕنەوە و
فڕێیدەدەنە ناو ئاگرەوە.

٨«خەڵکی زۆر نەتەوە بە کەناری ئەم شارەدا
تێدەپەڕن و لە یەکتری دەپرسن: ”لەسەر چی یەزدان
وای لەم شارە گەورەیە کرد؟“ ٩جا دەڵێن: ”لەسەر
ئەوەی وازیان لە پەیمانی یەزدانی پەروەردگاریان
هێنا و خوداوەندەکانی دیکەیان پەرست و کڕنۆشیان
بۆ بردن.“»

١٠بۆ پاشا مردووەکە[a] مەگریێن و شینی بۆ مەگێڕن،
بەڵکو بەکوڵ بگریێن بۆ ئەوەی بە دیل
دەبردرێت،
چونکە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە
بۆ ئەوەی ئەو خاکە ببینێت کە لێی لەدایك
بووە.

١١چونکە سەبارەت بە شەلومی[b] کوڕی یۆشیای
پاشای یەهودا، ئەوەی لە جێی باوکی بوو بە پاشا،
ئەوەی لەم شوێنە ڕۆیشت، یەزدان دەفەرموێت:
«جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە ئێرە، ١٢بەڵکو لەو
شوێنەی ڕاپێچیان کردووە بۆی هەر لەوێ دەمرێت،
جارێکی دیکە ئەم خاکە نابینێتەوە.»

١٣«قوڕبەسەر ئەوەی کۆشکەکەی بە ناڕەوایی بنیاد
دەنێت و
ژوورەکانی سەرەوەشی بە ستەمکاری،
ئەوەی بە بەبێ کرێ کار بە هاوڵاتییان دەکات،
هەقی ماندووبوونەکەیان ناداتێ.
١٤دەڵێت: ”کۆشکێکی فراوان بۆ خۆم بنیاد دەنێم،
ژوورەکانی سەرەوەی پانوبەرین.“
پەنجەرەی گەورەی بۆ دەکاتەوە،
دیوارەکانی بە تەختەی دار ئورز دادەپۆشێت،
بە ڕەنگی سوور بۆیاخی دەکات.

١٥«ئایا ئەوە دەتکاتە پاشا،
کە دار ئورزی زۆرت هەبێت؟
ئایا باوکت نەیخوارد و نەیخواردەوە؟
ڕاستودروستی و دادپەروەری پەیڕەو کرد،
جا سەرکەوتوو بوو.
١٦بە تەواوی پاڵپشتی لە مافی هەژار و نەدار کرد،
جا سەرکەوتوو بوو.
ئایا ئەمە واتای ئەوە نییە من دەناسێت؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٧«بەڵام چاو و دڵی تۆ تەنها
لەسەر دەستکەوتی ناڕەوایە،
لەسەر ڕشتنی خوێنی بێتاوانە،
لەسەر ستەم و دەستدرێژییە.»

١٨لەبەر ئەوە یەزدان لەبارەی یەهۆیاقیمی کوڕی
یۆشیای پاشای یەهوداوە ئەمە دەفەرموێت:

«بۆی نالاوێننەوە،
”براڕۆ! خوشکەڕۆ!“
بۆی نالاوێننەوە،
”گەورەڕۆ! شکۆی ڕۆ!“
١٩بەڵکو وەك گوێدرێژ دەنێژرێت،
ڕادەکێشرێت و فڕێدەدرێت
دوور لە دەروازەکانی ئۆرشەلیم.»

٢٠«ئەی ئۆرشەلیم، بڕۆ سەر لوبنان و هاوار بکە،
با لە باشان دەنگت ببیسترێت،
لە عەڤاریمەوە هاوار بکە،
چونکە هەموو هاوپەیمانەکانت وردوخاش
کران.
٢١لە ئاسوودەییت ئاگادارم کردیتەوە،
بەڵام گوتت: ”گوێ ناگرم.“
لە گەنجییەوە لەمە لێڕاهاتوویت،
کە گوێڕایەڵی من نابیت.
٢٢هەموو شوانەکانت[c] با بەڕێوەیان دەبات و
هاوپەیمانەکانت ڕاپێچ دەکرێن،
ئەوسا ڕیسوا و شەرمەزار دەبیت
لەبەر هەموو خراپەکانت.
٢٣ئەی نیشتەجێی ”لوبنان“[d]،

[a] ١٠ مەبەستی لە یۆشیا پاشایە.

[b] ١١ شەلوم: بە یەهۆئاحازیش ناودەبردرێت.

[c] ٢٢ شوانەکانت مەبەست لە ڕابەرەکانە.

[d] ٢٣ مەبەستی لە کۆشکی شاهانەی ئۆرشەلیمە. بڕوانە ئایەتی ٦، ٧، ١٥، هەروەها یەکەم پاشایان ٢:٧.

ئەی ئەوەی لەناو دار ئورزەکان هێلانەت
کردووە،
چەند دەناڵێنیت کە ژان دەتگرێت،
وەك ژنێك کە منداڵی دەبێت!»

٢٤ یەزدان دەفەرموێت: «بە گیانی خۆم، ئەی
یەهۆیاکینی کوڕی یەهۆیاقیمی پاشای یەهودا،
تەنانەت ئەگەر ئەنگوستیلەیەك بیت لە دەستی
ڕاستم، لە پەنجەی خۆمت دەکەمەوە و ٢٥ دەتدەمە
دەستی ئەوانەی دەیانەوێ لەناوت ببەن، دەستی
ئەوانەی تۆ لێیان دەترسیت، نەبوخودنەسری
پاشای بابل و بابلییەکان. ٢٦ خۆت و دایکت، ئەوەی
تۆی بووە فڕێتاندەدەمە سەر خاکێکی دیکە، کە
لەوێ لەدایك نەبوونە، جا لەوێ دەمرن. ٢٧ هەرگیز
ناگەڕێنەوە ئەو خاکەی بۆی پەرۆشن.»

٢٨ ئایا ئەم پیاوە، یەهۆیاکین، قاپێکی ڕیسوا و
شکاوە؟
ئایا شتێکە کەس نایەوێت؟
بۆچی خۆی و نەوەکانی فڕێدران،
تێهەڵدرانە خاکێك کە نایناسن؟
٢٩ ئەی خاك! ئەی خاك! ئەی خاك!
گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرە!
٣٠ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
«ئەم پیاوە بە وەجاخکوێر بنووسن،
پیاوێك کە لە ماوەی ژیانی خۆی سەرکەوتوو
نابێت،
کەس لە نەوەی ئەو سەرکەوتوو نابێت،
کەسیان لەسەر تەختی داود دانانیشن و
جارێکی دیکە فەرمانڕەوایەتی یەهودا ناکەن.»

### لقە ڕاستودروستەکە

٢٣ یەزدان دەفەرموێت: «قوڕبەسەر ئەو
شوانانەی مەڕی مێگەلەکەم دەفەوتێنن
و پەرتوبڵاوی دەکەنەوە!» ٢ لەبەر ئەوە یەزدانی
پەروەردگاری ئیسرائیل لەبارەی ئەو شوانانەی کە
شوانایەتی گەلەکەی من دەکەن، ئەمە دەفەرموێت:
«ئێوە مەڕەکانی منتان پەرتوبڵاوکردەوە و دەرتانکرد
و گرنگیتان پێنەدا، لەبەر ئەوە منیش لەسەر خراپی
کردەوەکانتان سزاتان دەدەم.» ئەوە فەرمایشتی
یەزدانە. ٣ «بەڵام من پاشماوەی مێگەلەکەی خۆم لە
هەموو ئەو خاکانە کۆدەکەمەوە کە دەرمکردن بۆی،
دەیانگەڕێنمەوە بۆ لەوەڕگاکانیان و زاوزێ دەکەن و
زۆر دەبن. ٤ ئینجا شوانیان بۆ دادەنێم و شوانەتییان
دەکەن، ئیتر ناترسن و ناتۆقن و ون نابن.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

٥ یەزدان دەفەرموێت: «ئەوەتا سەردەمێك دێت،
لقێکی ڕاستودروست لە داودەوە هەڵدەستێنم،
پاشایەك بە دانایی پاشایەتی دەکات،
ڕاستودروستی و دادپەروەری لە زەویدا پەیڕەو
دەکات.
٦ لە سەردەمی ئەودا، یەهودا ڕزگاری دەبێت و
ئیسرائیل بە ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبێت.
ئەو ناوەی کە پێی دەناسرێت:
”یەزدان ڕاستودروستیمانە.“»

٧ یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە ئەوەتا
سەردەمێك دێت، چیتر ناڵێن: ”بە یەزدانی زیندوو،
ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی میسرەوە
دەرهێنا،“ ٨ بەڵکو دەڵێن: ”بە یەزدانی زیندوو،
ئەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئیسرائیلی لە خاکی
باکوورەوە دەرهێنا و لە هەموو ئەو خاکانەوە بۆ
ئەوێ دەریکردن.“ ئەوانیش لەسەر خاکەکەی خۆیان
نیشتەجێ دەبن.»

### پێغەمبەرە درۆزنەکان

٩ سەبارەت بە پێغەمبەرەکان:

دڵم لە ناخمدا وردوخاش بووە،
هەموو ئێسکەکانم دەلەرزن.
من وەك کەسێکی سەرخۆشم لێهات،
وەك پیاوێك شەراب بەسەریدا زاڵ بووبێت،
لەبەر یەزدان و
لەبەر فەرمووده پیرۆزەکانی.

[١٠] چونکە خاکەکە پڕ بووە لە داوێنپیسان،
خاکەکە لەبەر نەفرەت دەناڵێنێت،
لەوەڕگاکانی چۆڵەوانی وشك بوون.
پێغەمبەران لەسەر ڕێڕەوی خراپە دەڕۆن و
دەسەڵاتیان بۆ ستەم بەکاردەهێنن.

[١١] «پێغەمبەر و کاهین هەردووکیان گڵاوبوون،
تەنانەت لە پەرستگاکەشم خراپەی ئەوانم
بەرچاوکەوت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[١٢] «لەبەر ئەوە ڕێگاکانیان خلیسکە بۆیان،
بۆ ناو تاریکی دەردەکرێن و
لەوێ دەخزێن،
چونکە بەڵایان بەسەردا دەهێنم
لە ساڵی سزادانیان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٣] «لەنێو پێغەمبەرەکانی سامیرەدا
قێزەونییەکەم بینی،
بەهۆی بەعلەوە پێشبینی دەکەن و
ئیسرائیلی گەلی من گومڕا دەکەن.
[١٤] لەنێو پێغەمبەرەکانی ئۆرشەلیمیش
ئەوەی بینیم موچڕکە بە لەشدا دەهێنێت:
داوێنپیسی و ڕێی درۆیان گرتووەتەبەر،
خراپەکاران هاندەدەن
بۆ ئەوەی کەس لە خراپەکەی نەگەڕێتەوە.
ئەوان بۆ من وەك سەدۆمیان لێهاتووە،
خەڵکی ئۆرشەلیمیش وەك عەمۆرا.»

[١٥] لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار سەبارەت بە
پێغەمبەرەکان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من زەقنەبووتیان دەرخوارد دەدەم و
ئاوی ژەهراوییان پێ دەنۆشم،
چونکە لەلای پێغەمبەرەکانی ئۆرشەلیمەوە
گڵاوی بۆ هەموو زەوی بڵاو بووەوە.»

[١٦] یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«گوێ لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە مەگرن کە
پێشبینیتان بۆ دەکەن،
چونکە ئەوان تەفرەتان دەدەن.
لە خەیاڵی بیری خۆیانەوە دەدوێن،
نەك لەسەر زمانی یەزدانەوە.
[١٧] ئەوانەی سووکایەتی بە من دەکەن، دەڵێن،
”یەزدان دەفەرموێت، ئاشتیتان بۆ دەبێت.“
هەروەها هەموو ئەوانەی بەدوای کەللەڕەقی
خۆیان کەوتوون، دەڵێن،
”خراپەتان بەسەرنایەت.“
[١٨] بەڵام کامیان لە ئەنجومەنی یەزدان[a] ڕاوەستا و
بینی و گوێی لە فەرموودەکانی بوو؟
کامیان فەرموودەکانی بیست و گوێی لێ گرت؟
[١٩] ئەوەتا ڕەشەبای یەزدان
لە تووڕەییدا هەڵدەچێت،
گەردەلوولێکی ڕاماڵە
لەسەر سەری بەدکاران هەڵدەکات.
[٢٠] تووڕەیی یەزدان دانامرکێتەوە
هەتا نیازەکانی دڵی خۆی
بە تەواوی جێبەجێ نەکات.
لە داهاتوودا
بە ڕوونی تێی دەگەن.
[٢١] من ئەو پێغەمبەرانەم نەنارد،
بە پەلە پەیامیان ڕاگەیاند،
من قسەم لەگەڵیان نەکرد،
کەچی خۆیان پێشبینییان کرد.
[٢٢] بەڵام ئەگەر لە ئەنجومەنی مندا بووەستابان،
فەرموودەکانی منیان بە گەلەکەم ڕادەگەیاند و
لە ڕێگا خراپەکانیان و
لە خراپەی کردەوەکانیان دەیانگێڕانەوە.

[٢٣] «ئایا من تەنها لە نزیکەوە خودام و
لە دوورەوە خودا نیم؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[a] ١٨ یەرمیا لەو باوەڕەدا بوو، کە پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەنجومەنی ئاسمان بۆ ئەوەی پەیامی یەزدان وەربگرێت.

[٢٤]«یان کەس هەیە لە پەناگا خۆی بشارێتەوە و
من نەیبینم؟
ئایا من ئاسمان و زەوی پڕناکەمەوە؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٢٥]«گوێم لە قسەی ئەو پێغەمبەرانە بوو کە
بە درۆ بە ناوی منەوە پێشبینی دەکەن، دەڵێن:
”خەونم بینی! خەونم بینی!“ [٢٦]هەتا کەی ئەمە لە
دڵی ئەو پێغەمبەرە درۆزنانە دەبێت کە بە خەیاڵی
بیری خۆیان پێشبینی بکەن؟ [٢٧]بەو خەونانەی بۆ
یەکتری دەگێڕنەوە وای لێك دەدەنەوە ناوی من
لەبیری گەلەکەم ببەنەوە، وەك چۆن باوباپیرانیان
لەبەر پەرستنی بەعل ناوی منیان لەبیرچوو. [٢٨]با ئەو
پێغەمبەرەی خەونی هەیە خەونەکەی بگێڕێتەوە،
بەڵام با ئەوەی فەرموودەی منی لەلایە بە
دڵسۆزییەوە فەرموودەی من ڕابگەیەنێت! گەنم و کا
زۆر لە یەکتری جیاوازن.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[٢٩]«ئایا فەرموودەکانم وەك ئاگر نین؟ وەك چەکوش
بەرد وردوخاش ناکەن؟» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[٣٠]یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە ئەوەتا من
لە دژی ئەو پێغەمبەرانەم، ئەوانەی فەرموودەکان
لە یەکتری دەدزن، جا دەڵێن کە لە منەوە هاتووە.
[٣١]ئەوەتا من لە دژی ئەو پێغەمبەرانەم، ئەوانەی
زمانیان دەخەنەگەڕ و ڕایدەگەیەنن: ”ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.“ [٣٢]ئەوەتا من لە دژی ئەو
پێغەمبەرانەم کە بە خەونی درۆوە پێشبینی دەکەن،
ئەوانەی بە شانازییەوە درۆکانیان دەگێڕنەوە و
گەلەکەم گومڕا دەکەن، بەڵام من نە ناردوومن و
نە فەرمانم پێکردوون. هیچ سوودێکیش بەم گەلە
ناگەیەنن.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیام و پێغەمبەرایەتی درۆزن

[٣٣]«کاتێك ئەم گەلە یان پێغەمبەر یان کاهینێك
لێت دەپرسێت: ”سروشی یەزدان چییە؟“ پێیان بڵێ:
”سروشی چی؟ یەزدان دەفەرموێت: من لە کۆڵ
خۆمتان دەکەمەوە.“ [٣٤]هەرکەسێك، پێغەمبەر یان
کاهین یان لە گەل، ئەگەر وا بڵێت: ”ئەمە سروشی
یەزدانە،“ خۆی و ماڵەکەی سزا دەدەم. [٣٥]ئاوا بە
یەکتری دەڵێن، هەریەکە بە برادەرەکەی و هەریەکە
بە براکەی: ”وەڵامی یەزدان چی بوو؟ یەزدان چی
فەرمووی؟“ [٣٦]بەڵام چیتر باسی ”سروشی یەزدان“
ناکەن، چونکە هەرکەسە و قسەکەی خۆی دەبێت بە
سروشەکەی، ئێوە دەستکاری فەرموودەکانی خودای
زیندووتان کرد، فەرموودەکانی خودامان، یەزدانی
سوپاسالار. [٣٧]ئاوا بە هەر پێغەمبەرێك دەڵێیت:
”وەڵامی یەزدان چی بوو؟ یەزدان چی فەرمووی؟“
[٣٨]هەرچەندە وا بڵێن: ”ئەمە سروشی یەزدانە،“
یەزدان ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە
دەکەن: ”ئەمە سروشی یەزدانە،“ هەرچەندە
من بۆم ناردوون کە وا نەڵێن: ”ئەمە سروشی
یەزدانە،“ [٣٩]لەبەر ئەوە بە تەواوی لەبەردەمی
خۆم هەڵتاندەگرم و لە کۆڵ خۆمتان دەکەمەوە،
خۆتان و ئەم شارەش کە بە خۆتان و باوباپیرانتانم
داوە. [٤٠]ڕیسواییەکی هەتاهەتایی و سەرشۆڕییەکی
هەتاهەتاییتان لەسەر دادەنێم کە هەرگیز لەیاد
نەچێت.»

## دوو سەبەتە هەنجیر

٢٤ پاش ئەوەی نەبوخودنەسری پاشای بابل،
یەهۆیاکینی کوڕی یەهۆیاقیمی پاشای
یەهودا و پیاوە گەورەکانی یەهودا و پیشەوەر
و ئاسنگەرەکانی لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچ کرد و
هەموویانی هێنایە بابل، یەزدان دوو سەبەتە
هەنجیری پیشاندام کە لەبەردەم پەرستگای یەزدان
دانراون. [٢]یەکێك لە سەبەتەکان هەنجیرەکەی زۆر
باش بوو وەك هەنجیری یەکەم بەر، لە سەبەتەکەی
دیکەشدا هەنجیرێکی زۆر خراپ، لە خراپیدا
نەدەخورا.
[٣]جا یەزدان پێی گوتم: «یەرمیا، چی دەبینیت؟»
منیش گوتم: «هەنجیر. هەنجیرە باشەکە زۆر
باشە، هەنجیرە خراپەکەش زۆر خراپە، لە خراپیدا
ناخورێت.»
[٤]ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات: [٥]«یەزدانی

پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”وەك
ئەو هەنجیرە باشە، من ڕاپێچکراوەکانی یەهودا
بە باش دادەنێم، ئەوەی لەم شوێنەوە ناردم بۆ
خاکی بابلییەکان. ٦چاوم دەخەمە سەریان بۆ چاکە
و دەیانگەڕێنمەوە بۆ ئەم خاکە و بنیادیان دەنێم
و نایانڕووخێنم، دەیانچێنم و ڕیشەکێشیان ناکەم.
٧دڵێکیان دەدەمێ بۆ ناسینم، کە من یەزدانم و ئەوان
دەبن بە گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئەوان،
چونکە بە هەموو دڵیانەوە دەگەڕێنەوە لام.“»
٨یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «”وەك ئەو هەنجیرە
خراپەش کە لە خراپیدا ناخورێت، ئاوا هەڵسوکەوت
لەگەڵ سدقیای پاشای یەهودا و پیاوە گەورەکانی و
پاشماوەی ئۆرشەلیمدا دەکەم، ئەوانەی لەم خاکەدا
ماونەتەوە و ئەوانەی لە خاکی میسر نیشتەجێن.
٩هەموو شانشینەکانی زەوی لێیان دەتۆقن و
دەیانکەمە بەڵا و ڕیسوایی و پەند و گاڵتەجاڕی و
نەفرەت لە هەموو ئەو شوێنانەی دەریاندەکەم
بۆی. ١٠شمشێر و قاتوقڕی و دەرد دەنێرمە سەریان،
هەتا بە تەواوی لەناودەچن لەسەر ئەو خاکەی دامە
خۆیان و باوباپیرانیان.“»

## ڕاپێچکردنی گەلی خودا بۆ ماوەی حەفتا ساڵ

٢٥ ئەو پەیامەی لە ساڵی چوارەمی
یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای
یەهودا، کە دەکاتە ساڵی یەکەمی نەبوخودنەسری
پاشای بابل، سەبارەت بە هەموو گەلی یەهودا بۆ
یەرمیا هات. ٢ئەوەی یەرمیای پێغەمبەر سەبارەت
بە هەموو گەلی یەهودا و بۆ هەموو دانیشتووانی
ئۆرشەلیم ڕایگەیاند: ٣«لە ساڵی سێزدەیەمینی
یۆشیای کوڕی ئامۆنی پاشای یەهوداوە هەتا ئەمڕۆ،
ئەم بیست و سێ ساڵە، فەرمایشتی یەزدانم بۆ
دەهات و منیش بەردەوام قسەم لەگەڵ کردن، بەڵام
ئێوە گوێتان نەگرت.
٤«یەزدانیش بەردەوام هەموو بەندە
پێغەمبەرەکانی خۆی بۆ ناردن، بەڵام ئێوە گوێتان
نەگرت و گرنگیتان پێنەدا. ٥پێیان گوتن: ”لە ڕەفتارە
ناشیرین و کردەوە خراپەکانتان بگەڕێنەوە، بۆ
ئەوەی نیشتەجێ بن لەسەر ئەو خاکەی کە یەزدان
داویەتییە ئێوە و باوباپیرانتان، لە ئەزەلەوە و بۆ
هەتاهەتایە. ٦شوێنی خوداوەندەکانی دیکە مەکەون
بۆ ئەوەی بیانپەرستن و کڕنۆشیان بۆ ببەن. بە
دروستکراوەکانی دەستتان پەستم مەکەن و منیش
سزاتان نادەم.“»
٧یەزدان دەفەرموێت: «بەڵام گوێتان لێم نەگرت،
بۆ ئەوەی بە دروستکراوەکانی دەستتان پەستم
بکەن، بەخۆتان سزاتان بۆ سەر خۆتان هێنا.»
٨لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت: «لەبەر ئەوەی ئێوە گوێتان لە قسەی
من نەگرت، ٩ئەوەتا دەنێرم و هەموو خێڵەکانی
باکوور کۆدەکەمەوە، هەروەها نەبوخودنەسری
خزمەتکارم، پاشای بابل، جا دەیانهێنمە سەر ئەم
خاکە و سەر دانیشتووانەکەی و سەر هەموو ئەو
نەتەوانەی دەوروبەری. بە تەواوی قڕیان دەکەم[a]،
دەیانکەمە پەند و تانە و تەشەر و وێرانییەکی
هەتاهەتایی. ١٠دەنگی بەزم و شادی، دەنگی بووك
و زاوا، دەنگی دەستاڕ و ڕووناکی چرایان ناهێڵم.
١١هەموو ئەم خاکە دەبێتە وێرانەیەکی چۆڵ، ئەم
نەتەوانەش حەفتا ساڵ خزمەتی پاشای بابل دەکەن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٢یەزدان دەفەرموێت: «کە حەفتا ساڵەکە تەواو
بوو، سزای پاشای بابل و ئەو نەتەوەیە دەدەم،
لەسەر تاوانەکانیان، سزای خاکی بابلییەکانیش
دەدەم و دەیکەمە چۆڵەوانییەکی هەتاهەتایی.
١٣هەموو ئەوەی لەم پەڕتووکەدا نووسراوە، ئەوەی
یەرمیا سەبارەت بە هەموو ئەم نەتەوانە پێشبینیی
کرد، هەموو ئاگادارکردنەوەیەکی تێدا هاتووە کە
سەبارەت بەو خاکە فەرمووم پەیڕەوی دەکەم،
١٤چونکە ئەوانیش دەبنە کۆیلەی زۆر نەتەوە و

[a] ٩ قڕیان دەکەم: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

پاشای گەورە، بەگوێرەی کردەوە و کارەکانی خۆیان
سزایان دەدەمەوە.»

## جامی تووڕەیی خودا

[١٥]یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئاوای بە من
فەرموو: «جامی شەرابی ئەم تووڕەییە لە دەستم
وەربگرە و دەرخواردی هەموو ئەو نەتەوانەی
بدە کە من دەتنێرم بۆ لایان. [١٦]کاتێك دەیخۆنەوە،
بەلادادێن و شێت دەبن لەبەر ئەو شمشێرەی کە من
دەینێرمە ناویان.»

[١٧]منیش جامەکەم لە دەستی یەزدان وەرگرت،
دەرخواردی هەموو ئەو نەتەوانەم دا کە یەزدان
ناردمی بۆیان: [١٨]بۆ ئۆرشەلیم و شارۆچکەکانی
یەهودا و پاشا و پیاوە گەورەکانی، تاکو وێران بن و
ببنە پەند و مایەی تانە و تەشەر و نەفرەت لێکردن،
هەروەك ئێستا؛ [١٩]بۆ فیرعەونی پاشای میسر و
خزمەتکار و پیاوە گەورەکانی و هەموو گەلەکەی [٢٠]و
هەموو بێگانەکانی ئەوێ؛ بۆ هەموو پاشاکانی خاکی
عوچ؛ بۆ هەموو پاشاکانی خاکی فەلەستییەکان؛
ئەسقەلان و غەزە و عەقرۆن و پاشماوەی ئەشدۆد؛
[٢١]بۆ ئەدۆم و مۆئاب و عەمۆنییەکان؛ [٢٢]بۆ هەموو
پاشاکانی سور و هەموو پاشاکانی سەیدا؛ بۆ پاشاکانی
کەنارەکان، ئەوانەی لەوبەری دەریان؛ [٢٣]بۆ دیدان
و تێما و بووز و هەموو قژبڕاوەکان[a]؛ [٢٤]بۆ هەموو
پاشاکانی عەرەبستان و سەرکردەی هەموو هۆزەکانی
نیشتەجێی بیابان؛ [٢٥]بۆ هەموو پاشاکانی زیمری و
ئیلام و میدیا؛ [٢٦]بۆ هەموو پاشاکانی باکوور، نزیك و
دووریان، یەك لەدوای یەك؛ بۆ هەموو شانشینەکانی
جیهان لەسەر ڕووی زەوی. لەدوای هەموویانەوە،
هەروەها پاشای شێشەخ[b] ئەو جامە دەخواتەوە.

[٢٧]«پێیان دەڵێیت: ”یەزدانی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بخۆنەوە و سەرخۆش
بن و بڕشێنەوە، بکەون و هەڵمەستنەوە لەبەر ئەو
شمشێرەی من دەینێرمە ناوتان.“ [٢٨]ئەگەر ڕازی
نەبوون جامەکە لە دەستت وەربگرن بۆ ئەوەی
بیخۆنەوە، پێیان بڵێ: ”یەزدانی سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت: دەبێت بیخۆنەوە! [٢٩]ئەوەتا ئەو شارەی
ناوی منی هەڵگرتووە، من دەستم پێکردووە بەڵای
بەسەردا بهێنم، ئیتر ئایا ئێوە بێ سزا دەبن؟ نەخێر
بێ سزا نابن! چونکە من شمشێر دەهێنمە سەر
هەموو دانیشتووانی زەوییەکە.“ ئەمە فەرمایشتی
یەزدانی سوپاسالارە.

[٣٠]«تۆش هەموو ئەو پەیامەی من لە دژی ئەوان
ڕابگەیەنە و پێیان بڵێ:

«”یەزدان لە ئاسمان دەنەڕێنێت،
لە نشینگەی پیرۆزیەوە دەنگ هەڵدەبڕێت و
بەهێز بەسەر خاکی خۆیدا دەنەڕێنێت.
وەك ئەوانەی ترێ پێپەست دەکەن بە هوتافەوە
هاوار دەکات
بەسەر هەموو دانیشتووانی زەوی.
[٣١]هاتوهاوار گەیشتە ئەوپەڕی زەوی
چونکە یەزدان سکاڵا لە نەتەوەکان دەکات،
دادوەری هەموو ئادەمیزاد دەدات و
بەدکارەکان دەداتە بەر شمشێر.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٣٢]یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«ئاگاداربن! بەڵا بڵاو دەبێتەوە
لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەك،
گەردەلوولێکی گەورە هەڵدەکات
لەوپەڕی زەوییەوە.»

[٣٣]لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی بە دەستی یەزدان دەکوژرێن
لەمپەڕی زەوییەوە هەتا ئەوپەڕی زەوی دەبن،
شیوەنیان بۆ ناگێڕدرێت و کۆناکرێنەوە و نانێژرێن،
بەڵکو دەبنە زبڵ بەسەر ڕووی خاکەکەوە.

[٣٤]ئەی شوانەکان، واوەیلا و هاوار بکەن!
ئەی سەرپەرشتیارانی مێگەل، خۆتان بگەوزێنن،
چونکە کاتتان هاتووە بۆ سەربڕین،

---

[a] ٢٣ خەڵکێك بوونە وەك نەریتێکی بتپەرستی پرچیان بڕیوە.
[b] ٢٦ ناوی نهێنی بابل بووە.

وەك گۆزەیەكی بە نرخ دەكەون و
تێكدەشكێنرێن.
[٣٥] پەناگا بۆ شوانەكان نامێنێت،
دەربازبوونیش بۆ سەرپەرشتیارانی مێگەل.
[٣٦] گوێ بگرە لە هاواری شوانەكان و
واوەیلای سەرپەرشتیارانی مێگەل،
چونكە یەزدان لەوەڕگاكانیان تێكدەدات.
[٣٧] مێرگەكانی ئاشتی لەناودەچن
لەبەر جۆشی تووڕەیی یەزدان.
[٣٨] ئەو وەك بەچكە شێر لانەی خۆی بەجێدەهێڵێت،
چونكە خاكەكە وێران دەبێت
لەبەر شمشێری ستەمكار و
لەبەر جۆشی تووڕەیی خۆی.

## مەترسی یەرمیا

٢٦ لە سەرەتای پاشایەتی یەهۆیاقیمی
كوڕی یۆشیای پاشای یەهودا، ئەو
پەیامەم لەلایەن یەزدانەوە بۆ هات: [٢] «یەزدان
ئەمە دەفەرموێت: لە حەسارەكەی ماڵی یەزدان
بوەستە و ئەو پەیامە بۆ هەموو شارۆچكەكانی
یەهودا ڕابگەیەنە، كاتێك دێنە ماڵی یەزدان بۆ
كڕنۆش بردن. ئەو پەیامەی كە فەرمانم پێ كردیت
یەك وشەی لێ كەم نەكەیتەوە. [٣] بەڵكو گوێیان لێ
بێت و بگەڕێنەوە، هەریەكە و لە ڕێگا خراپەكانی،
منیش پاشگەز دەبمەوە لەو بەڵایەی بە نیاز بووم
لەبەر خراپی كردەوەكانیان بەسەریان بهێنم. [٤] پێیان
بڵێ: "یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەگەر گوێ لە من
نەگرن و فێركردنەكەم پەیڕەو نەكەن كە لەبەردەمی
ئێوە دامناوە، [٥] هەروەها ئەگەر گوێ لە قسەی بەندە
پێغەمبەرەكانم نەگرن، ئەوانەی من بە بەردەوامی
بۆم دەناردن، بەڵام ئێوە گوێتان نەگرت، [٦] ئەوا ئەم
ماڵە وەك شیلۆ لێ دەكەم و ئەم شارەش دەكەم بە
مایەی نەفرەت بۆ هەموو نەتەوەكانی سەر زەوی."»
[٧] جا كاهینەكان و پێغەمبەرەكان و هەموو گەل
گوێیان لێ بوو یەرمیا لە ماڵی یەزدان ئەم پەیامەی
ڕاگەیاند. [٨] كاتێك یەرمیا لە قسەكردن بووەوە، لە
هەموو ئەوەی یەزدان فەرمانی پێكردبوو بە هەموو
گەلی ڕابگەیەنێت، كاهین و پێغەمبەر و هەموو گەل
گرتییان و گوتیان: «دەبێ بمریت! [٩] بۆچی بە ناوی
یەزدانەوە پێشبینیت كرد و گوتت كە ئەم ماڵە وەك
شیلۆی لێدێت، ئەم شارەش وێران دەبێت و ئاوەدانی
تێدا نابێت؟» ئینجا هەموو گەل لە ماڵی یەزدان لە
یەرمیا كۆبوونەوە.
[١٠] كاتێك پیاوە گەورەكانی یەهودا گوێیان لەم
قسانە بوو، لە كۆشكی پاشاوە سەركەوتن بۆ ماڵی
یەزدان، لەلای دالانی دەروازە نوێیەكەی ماڵی یەزدان
دانیشتن. [١١] ئینجا كاهین و پێغەمبەرەكان بە پیاوە
گەورەكان و بە هەموو گەلیان گوت: «ئەم پیاوەیە
شایانی حوكمی مردنە، چونكە پێشبینی خراپی
لەسەر ئەم شارە كردووە، هەروەك بە گوێی خۆتان
گوێتان لێ بوو!»
[١٢] یەرمیاش بە پیاوە گەورەكان و هەموو گەلی
گوت: «یەزدان منی نارد بۆ ئەوەی لەسەر ئەم ماڵە
و ئەم شارە پێشبینی بكەم، بە هەموو ئەو وشانەی
گوێتان لێ بوو. [١٣] ئێستاش ڕەفتار و كردەوەكانتان
چاك بكەنەوە و گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان
بن، ئەویش پاشگەز دەبێتەوە لەو بەڵایەی سەبارەت
بە ئێوە فەرموویەتی. [١٤] بەڵام من لەبەردەستتانم،
ئەوەی پێتان باشە و ڕاستە بە منی بكەن. [١٥] بەڵام
باش بزانن ئەگەر من بكوژن، ئەوا خوێنێكی
بێتاوان دەخەنە ئەستۆی خۆتان و ئەم شارە و
دانیشتووانەكەی، چونكە بەڕاستی یەزدان منی بۆ
ئێوە ناردووە تاكو هەموو ئەم قسانە بەبەر گوێتاندا
بدەم.»
[١٦] ئینجا پیاوە گەورەكان و هەموو گەل بە
كاهین و پێغەمبەرەكانیان گوت: «ئەم پیاوە شایانی
حوكمی مردنی نییە، چونكە بە ناوی یەزدانی
پەروەردگارمانەوە قسەی لەگەڵ كردووین.»
[١٧] ئینجا هەندێك لە پیرانی یەهودا[a] هەستان و
بە هەموو كۆمەڵی خەڵكەكەیان گوت: [١٨] «میخای
پێغەمبەر لە شاری مۆرەشەت لە سەردەمی

[a] ١٧ عیبری: خاكەكە.

حەزقیای پاشای یەهودا پێشبینیی کرد و بە هەموو
گەلی یەهودای گوت: ”یەزدانی سوپاسالار ئەمە
دەفەرموێت:

«”سییۆن وەك كێڵگە دەكێڵدرێت،
ئۆرشەلیم كاول دەبێت،
گردەكەی پەرستگاش دەبێتە دارستانێكی بێ
كەڵك.“[a]

١٩ئایا حەزقیای پاشای یەهودا یان كەسێكی دیكە لە
یەهودا كوشتیان؟ ئایا لە یەزدان نەترسا و بەدوای
ڕەزامەندی ئەوەوە نەبوو؟ ئایا یەزدان پاشگەز
نەبووەوە لەو بەڵایەی فەرمووبووی بەسەریان
دەهێنێت؟ وا بەڵایەكی گەورە بەسەر خۆمان
دەهێنین!»

٢٠هەروەها پیاوێكی دیكەش هەبوو بە ناوی
یەزدانەوە پێشبینی دەكرد، ئوریای كوڕی شەمەعیا،
خەڵكی قیریەت یەعاریم بوو. ئەویش لە دژی ئەو
شارە و ئەو خاكە پەیامێكی ڕاگەیاند، وەك پەیامەكەی
یەرمیا. ٢١جا یەهۆیاقیمی پاشا و هەموو پاڵەوانەكانی
و هەموو پیاوە گەورەكان گوێیان لە قسەكانی بوو،
پاشا داوای كرد بیكوژن. بەڵام ئوریا ئەمەی بیست،
لە ترسان بەرەو میسر هەڵات. ٢٢یەهۆیاقیمی پاشاش
ئەلناتانی كوڕی عەكبۆری لەگەڵ چەند پیاوێك ناردە
میسر. ٢٣ئورییایان لە میسر دەرهێنا و هێنایانە لای
یەهۆیاقیمی پاشا، بە شمشێر لێیدا و تەرمەكەی
فڕێدایە ناو گۆڕی خەڵكی ئاسایی.

٢٤جگە لەوەش، دەستی ئەحیقامی كوڕی شافان
لە پشت یەرمیا بوو بۆ ئەوەی نەدرێتە دەست گەل
و بیكوژن.

## یەهودا خزمەتی نەبوخودنەسر دەكات

٢٧ لە سەرەتای پاشایەتی سدقیای كوڕی
یۆشیای پاشای یەهودا، ئەم پەیامە لەلایەن
یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات: ٢یەزدان ئەمەی بە من
فەرمووی: «گوریس و دار ببە و بۆ خۆت نیرێكی لێ
دروستبكە و بیخە سەر ملت. ٣ئینجا پەیامێك بنێرە
بۆ پاشاكانی ئەدۆم و مۆئاب و عەمۆن و سور و
سەیدا، بەدەستی ئەو پەیامبەرانەی بۆ ئۆرشەلیم
هاتوون بۆ لای سدقیای پاشای یەهودا. ٤ڕایانبسپێرە
بە گەورەكانیان بڵێن: ”یەزدانی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ’ئەمە بە گەورەكانتان
بڵێن: ٥من بە توانای مەزنی خۆم و بە دەستی بەهێزم
زەویم دروستكردووە، هەروەها مرۆڤ و ئاژەڵیش كە
لەسەرین، ئەوەی بمەوێ دەیدەمێ. ٦ئێستاش من
هەموو ئەم خاكانە دەدەمە دەستی خزمەتكارەكەم،
نەبوخودنەسری پاشای بابل، هەروەها ئاژەڵە
كێوییەكانیشی دەدەمێ تاكو خزمەتی بكەن. ٧هەموو
نەتەوەكانیش خزمەتی خۆی و كوڕ و نەوەكەی
دەكەن، هەتا كاتی خاكەكەی ئەویش دێت، جا زۆر
لە نەتەوەكان و پاشا مەزنەكان دەیخەنە ژێردەستی
خۆیان.‘

٨«”یەزدان دەفەرموێت: ’هەر نەتەوەیەك و
شانشینێك خزمەتی نەبوخودنەسری پاشای بابل
نەكات و مل نەخاتە ژێر نیری پاشای بابلەوە، بە
شمشێر و قاتوقڕی و دەرد سزای ئەو نەتەوەیە
دەدەم، هەتا بە دەستی ئەو لەناویان دەبەم. ٩ئێوەش
گوێ مەگرن لە پێغەمبەر و فاڵگرەوە و خەونبین و
بەخت خوێنەر و جادووگەرەكانتان، ئەوانەی پێتان
دەڵێن: (خزمەتی پاشای بابل ناكەن.) ١٠چونكە
ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەكەن، ئەمەش دەبێتە
هۆكاری دوورخستنەوەتان، جا دەرتاندەكەم و
لەناودەچن. ١١بەڵام ئەگەر هەر نەتەوەیەك ملی
بخاتە ژێر نیری پاشای بابل و خزمەتی بكات، من
لە خاكی خۆیدا دەیهێڵمەوە، جا دەیكێڵێت و تێیدا
نیشتەجێ دەبێت.‘ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.“»

١٢هەمان پەیامم بە سدقیای پاشای یەهوداش
ڕاگەیاند[b]: «ملتان بخەنە ژێر نیری پاشای بابل و
خزمەتی خۆی و گەلەكەی بكەن، ئینجا ئێوە دەژین.
١٣بۆچی خۆت و گەلەكەت بە شمشێر و قاتوقڕی

[a] ١٨ بڕوانە میخا ١٢:٣.

[b] ١٢ یەرمیای پێغەمبەر پەیامی خودای گەیاندووەتە سدقیای پاشا.

و دەرد ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناوبچن، وەك ئەوەی یەزدان سەبارەت بەو گەلە فەرمووی کە خزمەتی پاشای بابل نەکات؟ [١٤]گوێ لە پەیامی ئەو پێغەمبەرانە مەگرن کە پێتان دەڵێن: ”خزمەتی پاشای بابل ناکەن،“ چونکە ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن. [١٥]”من نەمناردوون، ئەوان بە درۆ بە ناوی منەوە پێشبینی دەکەن، لەبەر ئەوە دەرتاندەکەم و لەناودەچن، خۆتان و ئەو پێغەمبەرانەش کە پێشبینیتان بۆ دەکەن.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٦]بە کاهینەکان و بە هەموو ئەم گەلەشم گوت: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: گوێ لە قسەی پێغەمبەرەکانتان مەگرن، ئەوانەی پێشبینیتان بۆ دەکەن و دەڵێن: ”ئەوەتا قاپوقاچاغەکانی ماڵی یەزدان بەم زووانە لە بابلەوە دەگەڕێنرێنەوە.“ ئەوان بە درۆ پێشبینیتان بۆ دەکەن. [١٧]گوێیان لێ مەگرن. خزمەتی پاشای بابل بکەن، ئینجا ئێوە دەژین. بۆچی ئەم شارە وێران بێت؟ [١٨]ئەگەر ئەمانە پێغەمبەرن و فەرمایشتی یەزدانیان لەلایە، کەواتە با بۆمان لە یەزدانی سوپاسالار بپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو قاپوقاچاغەی ماوەتەوە لە ماڵی یەزدان و لە کۆشکی پاشای یەهودا و لە ئۆرشەلیم نەبردرێنە بابل، [١٩]چونکە یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت سەبارەت بە کۆڵەکەکان و حەوزە برۆنزییەکە[a] و عەرەبانەکانی ئاوگواستنەوە و پاشماوەی ئەو قاپوقاچاغانەی کە لەم شارەدا ماونەتەوە، [٢٠]ئەوانەی نەبوخودنەسری پاشای بابل نەیبردن، کاتێك یەهۆیاکینی کوڕی یەهۆیاقیمی پاشای یەهودای لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل ڕاپێچ کرد، لەگەڵ هەموو پیاوماقوڵانی یەهودا و ئۆرشەلیم. [٢١]بەڵێ، یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت سەبارەت بەو قاپوقاچاغەی مابووەوە، لە ماڵی یەزدان و لە کۆشکی پاشای یەهودا و لە ئۆرشەلیم: [٢٢]”بۆ بابل دەبردرێن و لەوێ دەمێننەوە هەتا ئەو ڕۆژەی بەدوایاندا دەنێرم، جا دەیانهێنمەوە و دەیانگەڕێنمەوە ئەم شوێنە.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## حەنەنیای پێغەمبەری درۆزن

٢٨ ئەوە بوو لە هەمان ساڵ، لە مانگی پێنجی ساڵی چوارەمی سەرەتای پاشایەتی سدقیای پاشای یەهودا، حەنەنیای پێغەمبەر کوڕی عازوور کە خەڵکی گبعۆنە، لە ماڵی یەزدان لەبەرچاوی کاهینەکان و هەموو گەل پێی گوتم: [٢]«یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”نیری پاشای بابل دەشکێنم. [٣]لە ماوەی دوو ساڵدا من هەموو قاپوقاچاغەکانی ماڵی یەزدان دەگەڕێنمەوە، ئەوانەی نەبوخودنەسری پاشای بابل لەم شوێنەوە بردییە بابل. [٤]یەهۆیاکینی کوڕی یەهۆیاقیمی پاشای یەهودا دەگەڕێنمەوە ئەم شوێنە، هەروەها هەموو ئەوانەش کە لەگەڵی بۆ بابل ڕاپێچ کرابوون، چونکە نیری پاشای بابل دەشکێنم.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.»

[٥]یەرمیای پێغەمبەریش لەبەردەمی کاهینەکان و هەموو گەل ئەوانەی لە ماڵی یەزدان وەستابوون وەڵامی حەنەنیای پێغەمبەری دایەوە، [٦]گوتی: «ئامین! با یەزدان ئاوا بکات! با یەزدان قسەکانت بهێنێتە دی کە پێشبینیت کرد، قاپوقاچاغەکەی ماڵی یەزدان و هەموو ئەو کەسانەی ڕاپێچ کرابوون لە بابلەوە بگەڕێنێتەوە بۆ ئێرە. [٧]بەڵام گوێ لەم قسەیە بگرە کە من بە تۆ و بە هەموو گەلی دەڵێم: [٨]لە کۆنەوە، لەپێش من و تۆوە پێغەمبەران سەبارەت بە زۆر گەلان و پاشایەتییە گەورەکان پێشبینی جەنگ و بەڵا و دەردیان کردووە. [٩]بەڵام ئەو پێغەمبەرەی پێشبینی ئاشتی بکات، بە هاتنە دی پێشبینییەکەی، دەزانرێت کە بەڕاستی یەزدان ئەو پێغەمبەرەی ناردووە.»

[١٠]حەنەنیای پێغەمبەریش نیرەکەی لەسەر ملی یەرمیا هەڵگرت و شکاندی. [١١]حەنەنیا لەبەردەمی هەموو گەل گوتی: «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”لە

[a] ١٩ کۆگای ئاو بووە، هەروەها پێی گوتراوە دەریا، بڕوانە دەرچوون ٣٠:١٧-٢١.

ماوەی دوو ساڵدا، ئاوا نیری نەبوخودنەسری پاشای بابل لە ملی هەموو نەتەوەکان دەشکێنم.“» یەرمیای پێغەمبەریش بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

١٢ دوای ئەوەی حەنەنیای پێغەمبەر نیرەکەی سەر ملی یەرمیای شکاند، فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات: ١٣ «بڕۆ و بە حەنەنیا بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: تۆ نیرێکی دارینت شکاند، بەڵام تۆ لەجێی ئەوە نیرێکی ئاسنینت دەخرێتە سەر، ١٤ چونکە یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: نیری ئاسنین دەخەمە سەر ملی هەموو ئەم نەتەوانە بۆ ئەوەی خزمەتی نەبوخودنەسری پاشای بابل بکەن، دەبنە کۆیلەی ئەو. تەنانەت دەسەڵاتم بەسەر ئاژەڵە کێوییەکانیش داوەتێ.“»

١٥ ئینجا یەرمیا پێغەمبەر بە حەنەنیا پێغەمبەری گوت: «حەنەنیا گوێ بگرە! یەزدان تۆی نەناردووە، تۆش وات کردووە ئەم گەلە پشت بە درۆ ببەستێت. ١٦ لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”خەریکم لەسەر ڕووی زەوی دەرتدەکەم، تۆ ئەم ساڵ دەمریت، چونکە تۆ جاڕی یاخیبوونت دا لە دژی یەزدان.“»

١٧ جا حەنەنیای پێغەمبەر لە مانگی حەوتی ئەو ساڵەدا[a] مرد.

## نامەیەك بۆ ڕاپێچکراوان

٢٩ ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە کە یەرمیای پێغەمبەر لە ئۆرشەلیمەوە بۆ پاشماوەکانی نارد، پیر و کاهین و پێغەمبەر و هەموو گەل، هەموو ئەوانەی نەبوخودنەسر لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل ڕاپێچی کردبوون، ٢ لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشا و شاژنی دایکی و دەستوپێوەندەکانی و پیاوە گەورەکانی یەهودا و ئۆرشەلیم، هەروەها پیشەوەر و ئاسنگەرەکانی ئۆرشەلیم. ٣ سدقیای پاشای یەهودا ئەلعاسای کوڕی شافان و گەمەریای کوڕی حیلقیای ناردە لای نەبوخودنەسری پاشای بابل. یەرمیاش نامەیەکی پێدا ناردن بۆ بابل و تێیدا گوتی:

٤ یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل بە هەموو ئەوانە دەفەرموێت کە لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابل ڕاپێچی کردن: ٥ «خانوو بنیاد بنێن و نیشتەجێ بن؛ باخ بچێنن و بەروبوومی بخۆن. ٦ ژن بهێنن با کوڕ و کچتان ببێت؛ ژن بۆ کوڕتان بهێنن و کچتان بە مێرد بدەن، با ئەوانیش کوڕ و کچیان ببێت و لەوێ زۆر بن و کەم مەکەن. ٧ داوای ئاشتی و گەشەسەندن بکەن بۆ ئەو شارەی ئێوەم بۆ ئەوێ ڕاپێچ کردووە؛ نوێژ بکەن بۆ یەزدان لە پێناوی، چونکە بە گەشەسەندنی ئەو ئێوەش گەشە دەکەن.» ٨ چونکە یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: «با پێغەمبەر و فاڵگرەوەکان کە لەنێوتانن هەڵتانخەڵەتێنن و گوێ لە خەونەکانیان مەگرن کە بۆ ئێوەی دەبینن. ٩ ئەوان بە درۆ بە ناوی منەوە پێشبینیتان بۆ دەکەن. من ئەوانم نەناردووە.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٠ «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: کاتێك حەفتا ساڵ لە بابل تەواو دەبێت، بەسەرتان دەکەمەوە و بەڵێنە باشەکەم سەبارەت بە ئێوە دەهێنمە دی، دەتانگەڕێنمەوە بۆ ئەم شوێنە. ١١ خۆم ئەو پلانە دەزانم کە بۆ ئێوەم داڕشتووە، پلان بۆ ئاشتی و گەشەسەندنی ئێوە نەك بۆ زیانتان، بۆ ئەوەی داوڕۆژ و هیواتان بدەمێ.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. ١٢ «جا لێم دەپاڕێنەوە و دێن و نوێژم بۆ دەکەن، منیش گوێتان لێ دەگرم. ١٣ ڕووتان لە من دەکەن و بۆتان دەردەکەوم، کاتێك بە هەموو دڵتانەوە ڕووتان لێم دەکەن. ١٤ کاتێك بۆتان دەردەکەوم، ڕاپێچکراوەکانتان دەگەڕێنمەوە و بەختیاریتان نوێ دەکەمەوە. لەناو هەموو ئەو نەتەوانە و ئەو شوێنانە کۆتان دەکەمەوە کە بۆ ئەوێ دەرمکردبوون. دەتانگەڕێنمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە ڕاپێچم کردن.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[a] ١٧ بە دوو مانگ لەدوای پێشبینییەکەی یەرمیا.

[15]چونکە گوتتان: «یەزدان لە بابل
پێغەمبەرانی بۆ هەستاندینەوە.» [16]بەڵام
یەزدان ئاوا دەفەرموێت سەبارەت بەو
پاشایەی لەسەر تەختەکەی داود دانیشتووە
و هەموو ئەو گەلەی لەم شارەدا ماونەتەوە،
ئەو هاوڵاتییانەی ڕاپێچ نەکراون، [17]بەڵێ،
یەزدانی سوپاسالار ئاوا دەفەرموێت: «ئەوەتا
من شمشێر و قاتوقڕی و دەرد دەنێرمە ناویان
و دەیانکەمە هەنجیری خراپ کە لە خراپیدا
نەخورێت. [18]بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد
ڕاویان دەنێم، لەبەردەم هەموو شانشینەکانی
زەوی قێزەونیان دەکەم، نەفرەتیان لێ
دەکرێت و دەبنە پەند و مایەی گاڵتەجاڕی
و ڕیسوایی، لەنێو هەموو ئەو نەتەوانەی بۆ
ئەوێ دەریاندەکەم. [19]لەبەر ئەوەی گوێیان لە
فەرمایشتی من نەگرت، ئەوەی بە بەردەوامی
بەدەستی بەندە پێغەمبەرەکانم بۆم ناردن.
هەروەك ئێوەی ڕاپێچکراویش گوێتان لێ
نەگرت.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[20]لەبەر ئەوە، ئەی هەموو ڕاپێچکراوەکان،
ئەی ئەوانەی لە ئۆرشەلیمەوە بۆ بابلم ناردن،
گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن. [21]ئەمە
فەرموودەی یەزدانی سوپاسالارە، خودای
ئیسرائیل، سەبارەت بە ئەحاڤی کوڕی قولایا و
سدقیای کوڕی مەعسێیاهو، ئەوانەی بە درۆ بە
ناوی منەوە پێشبینیتان بۆ دەکەن: «دەیاندەمە
دەست نەبوخودنەسری پاشای بابل، ئەویش
لەبەرچاوتان دەیانکوژێت. [22]لەبەر ئەوە
هەموو ڕاپێچکراوەکانی یەهودا لە بابل، ناوی
ئەوان وەك نەفرەت بەکاردەهێنن و دەڵێن:
"یەزدان وەك سدقیا و ئەحاڤ لێ بکات،
ئەوانەی پاشای بابل بە ئاگر برژاندنی."
[23]چونکە لەناو ئیسرائیلدا کارێکی قێزەونیان
کرد، داوێنپیسییان لەگەڵ ژنی برادەرەکانیان
کرد، بە ناوی منەوە بە درۆ قسەیان کرد کە
من فەرمانم پێ نەکردبوون. من خۆم دەزانم
و شایەتی ئەوەم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیامێك بۆ شەمەعیا

[24]بە شەمەعیای نەحەلامی بڵێ: [25]«یەزدانی
سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: تۆ
بە ناوی خۆتەوە نامەت نارد بۆ هەموو ئەو گەلەی
لە ئۆرشەلیمە و بۆ سەفەنیای کوڕی مەعسێیاهوی
کاهین و بۆ هەموو کاهینەکان. بە سەفەنیات گوت:
[26]"یەزدان تۆی لە جێگای یەهۆیاداعی کاهین کردووە
بە کاهین، بۆ ئەوەی ببیتە سەرپەرشتیار بەسەر
ماڵی یەزدانەوە، هەر پیاوێکی شێت کە خۆی وەك
پێغەمبەر بنوێنێ بیخەیتە ناو کۆت و بەندەوە. [27]ئەی
بۆچی سەرزەنشتی یەرمیای عەناتۆتی ناکەیت کە
خۆی وەك پێغەمبەر دەنوێنێ؟ [28]پەیامێکی بۆ بابل
بۆ ناردووین و دەڵێت: مانەوەتان درێژە دەکێشێت.
جا بۆ خۆتان خانوو بنیاد بنێن و نیشتەجێ بن؛ باخ
بچێنن و لە بەروبوومەکەی بخۆن."»
[29]سەفەنیای کاهینیش ئەم نامەیەی بۆ یەرمیای
پێغەمبەر خوێندەوە. [30]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ
یەرمیا هات: [31]«پەیامێك بۆ هەموو ڕاپێچکراوان بنێرە
و بڵێ: "یەزدان لەبارەی شەمەعیای نەحەلامییەوە
ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی شەمەعیا پێشبینیی
بۆ کردن، منیش نەمناردووە، وای لێکردوون پشت
بە درۆ ببەستن، [32]یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەوەتا
من سزای شەمەعیای نەحەلامی و وەچەکەی دەدەم.
کەسی بۆ نامێنێتەوە لەناو ئەم گەلەدا دانیشێت،
ئەو شتە باشانە نابینێت کە من بۆ گەلەکەی خۆمی
دەکەم، چونکە جاڕی یاخیبوونی دا لە دژی من."»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## گەڕاندنەوەی ئیسرائیل

٣٠ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە
بۆ یەرمیا هات: [2]«یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: "هەموو ئەو وشانەی
کە پێم فەرموویت، لە پەڕتووکێکدا بیاننووسە."

[٣]یەزدان دەفەرموێت: "سەردەمێك دێت، ئیسرائیل
و یەهودای گەلەکەم لە ڕاپێچکراوی دەگەڕێنمەوە،
دەیانهێنمەوە ئەو خاکەی بە باوباپیرانی ئەوانم
دابوو، بۆ ئەوەی خاوەندارییێتی بکەن."» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.
[٤]ئەمانەش ئەو وشانەن کە یەزدان سەبارەت
بە ئیسرائیل و یەهودا فەرمووی: [٥]«یەزدان ئەمە
دەفەرموێت:

«"هاواری ترسمان بیست،
تۆقین نەك ئاشتی.
[٦]بپرسن و ببینن:
ئایا نێر سکی دەبێت؟
ئەی بۆچی هەر پیاوێك دەبینم
وەك ژنی ژانگرتوو دەستی بە کەمەرییەوەیە و
هەموو ڕووشی زەرد هەڵگەڕاوە؟
[٧]ئای! لەو ڕۆژە سامناکە!
ڕۆژی ئاوا نابێت.
ئەمە کاتی تەنگانەیە بۆ یاقوب،
بەڵام لێی ڕزگار دەبێت."

[٨]«یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت،
"لەو ڕۆژەدا، ئەو نیرە دەشکێنم کە لە ملیانە،
پێبەندیان دەپسێنم و
چیتر بێگانە نایانکەن بە کۆیلە.
[٩]بەڵکو یەزدانی پەروەردگاریان دەپەرستن و
خزمەتی داودی پاشایان دەکەن،[a]
ئەوەی کە بۆیان دایدەنێم."»

[١٠]یەزدان دەفەرموێت: «"ئەی یاقوبی بەندەم،
مەترسە،
ئەی ئیسرائیل، مەتۆقە.
بە دڵنیاییەوە من لەم شوێنە دوورە ڕزگارت
دەکەم،
نەوەکەشت لەو خاکەوەی بۆی ڕاپێچ کراوە.
یاقوب دەگەڕێتەوە و ئاسوودە دەبێت،
دڵنیا دەبێت و کەس نایتۆقێنێت.
[١١]من لەگەڵتدام و ڕزگارت دەکەم."
یەزدان دەفەرموێت:
"ئەگەر کۆتایی بە هەموو ئەو نەتەوانە بهێنم
کە لەنێویاندا پەرتەوازەم کردیت،
کۆتایی بە تۆ ناهێنم.
تەمبێت دەکەم، بەڵام بە دادپەروەری،
بێ سزا بەڕەڵات ناکەم."

[١٢]«یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«"شکاوییەکەت بێ چارەیە،
برینەکەت سەختە.
[١٣]کەس نییە داکۆکی لە کێشەی تۆ بکات،
دەرمان نییە بۆ برینەکەی تۆ،
تۆ چاك نابیتەوە.
[١٤]هەموو هاوپەیمانەکانت لەبیریان کردوویت،
هیچ گرنگی بە تۆ نادەن.
وەك لێدان لە دوژمن لە تۆم دا،
بە سەختی تەمبێم کردی
لەسەر زۆری تاوانەکانت،
لەسەر گەورەیی گوناهەکانت.
[١٥]بۆچی لەبەر شکانەکەت هاوار دەکەیت،
لەبەر ئازارەکەت کە ناشکێت؟
لەسەر زۆری تاوانەکانت و گەورەیی
گوناهەکانت،
منیش ئەمەم پێکردیت.

[١٦]«"بەڵام هەموو ئەوانەی تۆیان خوارد دەخورێن،
هەموو دوژمنەکانت ڕاپێچ دەکرێن.
ڕاووڕووتکەرانت ڕاووڕووت دەکرێن و
هەموو تاڵانکەرانت دەکەم بە تاڵانی.
[١٧]بەڵام تەندروستیت دەگەڕێنمەوە،
برینەکانت چاك دەکەمەوە،
چونکە ناویان لێنایت دوورخراوەکە،
سییۆن، ئەوەی کەس گرنگی پێ نادات."
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٨]«یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

[a] ٩ مەبەستی لە یەکێکە لە نەوەکانی داود.

«”من ڕاپێچکراوانی چادرەکانی یاقوب
دەگەڕێنمەوە،
بەزەییم بە نشینگەکانی دێتەوە.
شار لەسەر گردەکەی خۆی بنیاد دەنرێتەوە،
کۆشك لە شوێنی خۆی بنیاد دەنرێتەوە.
١٩ دەنگی گۆرانی سوپاسگوزاری و
بەزمیان لێ بەرز دەبێتەوە.
ژمارەیان زۆر دەکەم و
کەم نابن،
ڕێزیان لێ دەنێم و
بچووك نابن.
٢٠ کوڕەکانی وەك جاری جاران دەبن،
کۆمەڵەکەی لەبەردەمم دەچەسپێت،
سزای هەموو ئەوانە دەدەم کە ستەمی لێ
دەکەن.
٢١ میرەکەیان یەکێك دەبێت لەنێو خۆیان،
فەرمانڕەواکەیان لە خۆیان هەڵدەکەوێت.
لە خۆمی نزیك دەکەمەوە و لێم نزیك دەبێتەوە،
چونکە کەس ناوێرێت بەبێ ویستی من لێم
نزیك بێتەوە.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢٢ «”ئێوە دەبن بە گەلی من و
منیش دەبم بە خودای ئێوە.“»

٢٣ ئەوەتا گەردەلوولی یەزدان
تووڕەییە هەڵدەچێت،
گەردەلوولێکی ڕامالە،
لەسەر سەری بەدکاران هەڵدەکات.
٢٤ گڕی تووڕەیی یەزدان دانامرکێتەوە
هەتا نیازەکانی دڵی خۆی
بە تەواوی بەجێنەگەیەنێت.
لە ڕۆژانی داهاتوودا
لەمە تێ دەگەن.

٣١ یەزدان دەفەرموێت: «لەو کاتەدا، دەبم
بە خودای هەموو خێڵەکانی ئیسرائیل،
ئەوانیش دەبن بە گەلی من.»

٢ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەو گەلەی لە دەمی شمشێر دەربازبوون
لە چۆڵەوانی میهرەبانییان دەستکەوت،
کاتێك هاتم ئیسرائیل بحەوێنمەوە.»

٣ لە دێرزەمانەوە یەزدانمان بۆ دەرکەوتووە و
دەفەرموێت:

«بە خۆشویستنێکی هەتاهەتایی ئێوەم
خۆشدەوێت،
لەبەر ئەوە بەردەوامیم دا بە خۆشەویستی
نەگۆڕم بۆ ئێوە.
٤ ئەی ئیسرائیلی پاکیزە، بنیادت دەنێمەوە،
بنیاد دەنرێیتەوە.
دووبارە دەفەکانت هەڵدەگریتەوە
بۆ ناو سەمای بەزمگێڕان دەچیت.
٥ دووبارە ڕەزەمێو دەچێنیت
لە چیاکانی سامیرە،
ڕەزەوانەکان دەچێنن و
بەرەکەی دەخۆن[a].
٦ ڕۆژێك دێت
چاودێران لە شاخەکانی ئەفرایم بانگەواز
دەکەن:
”وەرن، با بۆ سییۆن سەربکەوین،
بۆ لای یەزدانی پەروەردگارمان.“»

٧ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«بە شادییەوە گۆرانی بۆ یاقوب بڵێن،
هاواری خۆشی بکەن بۆ سەر باشترین نەتەوە.
با ستایشتان ببیسترێت و بڵێن:
”ئەی یەزدان، گەلی خۆت ڕزگار بکە،
پاشماوەکەی ئیسرائیل!“
٨ ئەوەتا من لە خاکی باکوورەوە دەیانهێنمەوە،
لە هەموو لایەکی زەوی کۆیان دەکەمەوە،

[a] ٥ واتە یەزدان نیشتەجێیان دەکاتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کە بتوانن بەری دارەکانیان بخۆن، چونکە دروست نەبوو بەری هیچ دارێك بخۆن هەتا ساڵی پێنجەم.

لەنێویان شەل و نابینا دەبێت
ژنی سکپڕ و ژانگرتوو پێکەوە،
کۆمەڵێکی گەورە دەگەڕێنەوە بۆ ئێرە.
٩ بە گریانەوە دێن،
لەو کاتەی دەیانگەڕێنمەوە دەپاڕێنەوە،
بەلای ڕووبارە ئاوەکاندا دەیانبەم،
بە ڕێگایەکی ڕاست، تێیدا ساتمە ناکەن و
ناکەون،
چونکە من باوکی ئیسرائیلم،
ئەفرایم نۆبەرەمە.

١٠ «ئەی نەتەوەکان، گوێ لە فەرمایشتی یەزدان
بگرن،
لە کەنارە دوورەکان ڕابگەیەنن:
”ئەوەی ئیسرائیلی پەرتەوازە کرد، کۆیان
دەکاتەوە،
وەك شوان مێگەلی خۆی دەپارێزێت.“
١١ چونکە یەزدان نرخی ئازادبوونی یاقوبی دا،
لە دەست ئەوەی لەو[a] بەهێزتر بوو کڕییەوە.
١٢ جا دێن و لە بەرزاییەکانی سییۆن هاواری خۆشی
دەکەن.
لەبەر خێروبێری یەزدان دەگەشێنەوە،
بەسەر دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتەوە،
بەسەر بەرخ و گوێرەکەوە.
وەك باخچەیەکی تێر ئاو دەبن،
جارێکی دیکە سیس نابن.
١٣ ئەوسا پاکیزەکان سەما دەکەن و دڵشاد دەبن،
گەنجان و پیران پێکەوە.
شینیان دەگۆڕم بە شادی،
دڵنەواییان دەکەم و لەدوای پەژارەییان
دڵخۆشیان دەکەم.
١٤ کاهینەکان تێر دەکەم لە چەوری،
گەلەکەم لە خێروبێرم تێر دەبن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٥ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«دەنگێك لە ڕامەوە بیسترا،
گریان و شیوەنێکی گەورە،
ڕاحێل بۆ منداڵەکانی دەگرییێت،
ڕازی نییە دڵنەوایی بکرێت،
لەبەر منداڵەکانی، چونکە نەماون.»

١٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«واز لە گریان بهێنە و
چاوت فرمێسك هەڵنەڕێژێ،
چونکە کردەوەکەت پاداشتی هەیە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
«لە خاکی دوژمن دەگەڕێنەوە.
١٧ کەواتە هیوا بە دواڕۆژت هەیە.
منداڵەکانت دەگەڕێنەوە خاکی خۆیان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٨ «بە دڵنیاییەوە گوێم لێ بوو ئەفرایم ئاخی
هەڵدەکێشا:
”وەك گوێرەکەیەکی دەستەمۆنەکراو تەمبێت
کردم،
من تەمبێ بووم.
بمگەڕێنەوە لای خۆت، دەگەڕێمەوە،
چونکە تۆ یەزدانی خودای منی.
١٩ لەدوای گومڕابوونم،
پەشیمان بوومەوە،
لەدوای تێگەیشتنم،
لە سنگی خۆمم دا.
شەرمەزار بووم و گاڵتەم پێ کرا،
چونکە ڕیسوایی کاتی مێردمنداڵیم بە کۆڵمەوە
بوو.“
٢٠ ئایا ئەفرایم کوڕی ئازیزم نییە،
ئەو منداڵەی دڵم پێی خۆشە؟
چونکە هەر کاتێك لە دژی ئەو دەدوێم،
دووبارە دێتەوە یادم.
لەبەر ئەوە هەناوم بۆی دەسووتێت،

[a] ١١ مەبەست لە فیرعەونی میسرە کە لە گەلی ئیسرائیل بەهێزتر بوو.

بە تەواوی بەزەییم پێیدا دێتەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢١ «نیشانە بۆ خۆت بچەقێنە و
ڕێوشوێن دابنێ.
بە وردی بڕوانە ڕێگاکە،
ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن.
ئەی ئیسرائیلی پاکیزە، بگەڕێوە،
بگەڕێوە بۆ شارۆچکەکانت.
٢٢ هەتا کەی بەم لاو بەو لادا دەڕۆیت،
ئەی کچی هەڵگەڕاوە؟
چونکە یەزدان شتێکی نوێی لەسەر زەوی
بەدیهێناوە:
ژن پیاو دەپارێزێت.»

٢٣ یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل
ئەمە دەفەرموێت: «کاتێك ڕاپێچکراوەکانیان
دەگەڕێنمەوە، جارێکی دیکە ئەم وشانە لە
خاکی یەهودا و لە شارۆچکەکانی دەڵێنەوە:
”ئەی نشینگەی ڕاستودروستی، ئەی کێوی پیرۆز!
یەزدان بەرەکەتدارت بکات.“ ٢٤ جا خەڵکەکە لە
یەهودا و هەموو شارۆچکەکانی نیشتەجێ دەبن،
جوتیار و ڕەوەندەکان لەگەڵیان دەبن. ٢٥ ماندوو
دەبووژێنمەوە، هەموو سیسێك تێر دەکەم.»
٢٦ لێرەدا بەئاگاهاتم و تەماشای دەوروبەرم کرد.
خەوەکەم خۆش بوو.
٢٧ یەزدان دەفەرموێت: «ئەوەتا سەردەمێك
دێت، ژمارەی خەڵك و ژمارەی ئاژەڵ لە ئیسرائیل
و یەهودا زۆر زیاد دەکەم. ٢٨ جا چۆن چاودێر بووم
بۆ ڕیشەکێشکردن و ڕووخاندن، بۆ کاولکاری، بۆ
لەناوبردن و بەڵا بەسەرهێنان، ئاواش چاودێر دەبم
بۆ بنیادنانەوە و چاندن.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢٩ «لەو ڕۆژانەدا ئیتر ناڵێن:

«”باوکان بەرسیلەیان خوارد،
ددانی منداڵەکان ئاڵ دەبێت.“

٣٠ بەڵکو هەرکەسە و بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت،
هەرکەسێك بەرسیلە بخوات ددانی خۆی ئاڵ
دەبێت.»

٣١ یەزدان دەفەرموێت: «ئەوەتا سەردەمێك دێت،
پەیمانێکی نوێ[a] لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل و
بنەماڵەی یەهودا دەبەستم.
٣٢ نەك وەکو ئەو پەیمانەی
لەگەڵ باوباپیرانیاندا بەستم،
ئەو ڕۆژەی دەستی ئەوانم گرت
بۆ ئەوەی لە خاکی میسر دەریانبهێنم،
چونکە ئەوان پەیمانەکەی منیان شکاند،
هەرچەندە من مێردی[b] ئەوان بووم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣٣ یەزدان دەفەرموێت: «ئەمە ئەو پەیمانەیە کە
لەدوای ئەو ڕۆژانە
لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەیبەستم،
فێرکردنەکەم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و
لەسەر دڵیان دەینووسم.
من دەبم بە خودای ئەوان و
ئەوانیش دەبن بە گەلی من.
٣٤ لەمەودوا کەس هاوڕێکەی خۆی
یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت: ”یەزدان
بناسە،“
چونکە هەموویان دەمناسن،
لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان،
چونکە لە تاوانەکانیان خۆشدەبم،
چیتر گوناهەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٣٥ یەزدان ئەمە دەفەرموێت،

ئەوەی خۆری داناوە
بۆ درەوشانەوە لە ڕۆژ،
فەرزی مانگ و ئەستێرەکانیش
بۆ درەوشانەوە لە شەو،

---

[a] ٣١ بڕوانە مەتا ٢٦:٢٨ و عیبرانییەکان ٨:١٣.
[b] ٣٢ پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەچووێنرێت، لە ڕووی ئەرك و وەفا و گوێڕایەڵییەوە.

ئەوەی دەریا دەوروژێنێت،
شەپۆلەکانی هاژەیان دێت،
ناوی یەزدانی سوپاسالارە،
٣٦ یەزدان دەفەرموێت:
«ئەگەر ئەم فەرزانە لەبەردەمم لە کار بخرێن،
ئەوسا ڕەچەڵەکی ئیسرائیلیش کپ دەبن
لەوەی بە درێژایی ڕۆژگار لەبەردەمم ببن بە
نەتەوە.»

٣٧ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەگەر ئاسمان لە سەرەوە بپێورێت،
ئەگەر بناغەکانی زەوی لە ژێرەوە بپشکنرێن،
ئەوسا منیش هەموو ڕەچەڵەکی ئیسرائیل ڕەت
دەکەمەوە،
لەبەر هەموو ئەوەی کردیان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٣٨ یەزدان دەفەرموێت: «سەردەمێك دێت، شارەکە
بۆ یەزدان بنیاد دەنرێت، لە قوللەی حەنەنئێلەوە
هەتا دەروازەی گۆشەکە. ٣٩ لەوێوە گوریسی پێوانە
بەسەر گردی گارێڤ درێژ دەکرێت و دەسووڕێتەوە
بۆ گۆعە. ٤٠ تەواوی ئەو دۆڵەی لاشە و خۆڵەمێشی
تێدا فڕێدەدرێت، هەروەها هەموو کێڵگەکان بۆ
دۆڵی قدرۆن لە ڕۆژهەڵات تاوەکو دەروازەی ئەسپ
پیرۆز دەبێت بۆ یەزدان، هەتاهەتایە ڕیشەکێش
ناکرێت و جارێکی دیکە کاول ناکرێتەوە.»

## یەرمیا کێڵگەیەك دەکڕێت

٣٢ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە
بۆ یەرمیا هات، لە ساڵی دەیەمی سدقیای
پاشای یەهودا کە دەکاتە ساڵی هەژدەمینی
نەبوخودنەسر. ٢ ئەو کاتە لەشکری پاشای بابل
گەمارۆی ئۆرشەلیمی دابوو، یەرمیای پێغەمبەریش
لە حەوشەی پاسەوانەکانی کۆشکی پاشای یەهودا
بەند کرابوو.
٣ سدقیای پاشای یەهودا یەرمیای بەند کردبوو،
پێی گوت: «بۆچی بەم پەیامە پێشبینیت کرد؟ گوتت:
”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: خەریکم ئەم شارە
دەدەمە دەست پاشای بابل و دەیگرێت. ٤ سدقیای
پاشای یەهوداش لە دەست بابلییەکان دەرباز نابێت،
بەڵکو دەدرێتە دەست پاشای بابلەوە، ڕووبەڕوو
قسەی لەگەڵ دەکات، چاوەکانی ئەو دەبینێت.
٥ سدقیا دەباتە بابل، لەوێ دەمێنێتەوە هەتا سزاکەی
تەواو وەردەگرێت. ئەگەر لەگەڵ بابلییەکان بجەنگن
سەر ناکەون. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.“»
٦ ئینجا یەرمیا گوتی: «فەرمایشتی یەزدانم بۆ
هات: ٧ حەنەمێلی کوڕی شەلومی مامت دێتە لات و
پێت دەڵێت: ”ئەو کێڵگەیەی لە عەناتۆت هەمە بۆ
خۆتی بکڕە، چونکە ماف و ئەرکی تۆیە بیکڕیتەوە[a].“
٨ «جا بەپێی فەرمایشتی یەزدان حەنەمێلی کوڕی
مامم هاتە لام بۆ حەوشەی پاسەوانەکان و پێی
گوتم: ”کێڵگەکەم بکڕە، ئەوەی لە عەناتۆتە لە خاکی
بنیامین، چونکە مافی کڕینەوە و خاوەندارییێتیت
هەیە، بۆ خۆت بیکڕە.“
«جا زانیم ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. ٩ منیش
کێڵگەکەم لە حەنەمێلی کوڕی مامم کڕی، ئەوەی لە
عەناتۆتە، زیوەکەشم بۆی کێشا، حەڤدە شاقل زیو.
١٠ گرێبەستم لە کاغەزێك نووسی و مۆرم کرد و چەند
کەسێکم لێکرد بە شایەت، زیوەکەشم بە تەرازوو
کێشا. ١١ گرێبەستی کڕینەکەم لە دوو وێنەدا برد،
وێنەیەکی داخراو کە مەرج و بەندەکانی تێدابوو،
لەگەڵ وێنەیەکی کراوە، ١٢ گرێبەستی کڕینەکەم دایە
باروخی کوڕی نێرییا کوڕی مەحسێیا، لەبەرچاوی
حەنەمێلی ئامۆزام و ئەو شایەتانەی لە گرێبەستی
کڕینەکە نووسرابوون، هەروەها لەبەرچاوی
هەموو ئەو جولەکانەی لە حەوشەی پاسەوانەکان
دانیشتبوون.
١٣ «لەبەرچاویان باروخم ڕاسپارد و گوتم:
١٤ ”یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل دەفەرموێت:

[a] ٧ لە سەردەمی پەیمانی کۆن کەسێك کە پارچە زەوییەکی دەفرۆشت، ئەوا نزیکترین کەسی بنەماڵە و تیرەکەی خۆی مافی لە پێشینەیی هەبوو بۆ کڕینی، بڕوانە لێڤییەکان ٢٥:٢٥ و ڕائووس ٤،٣:٤.

ئەم گرێبەستانە هەڵبگرە، گرێبەستە مۆرکراوەکەی کڕین و ئەم لەبەرگیراوەیەی گرێبەستەکە لەناو گۆزەیەکی گڵین دابنێ، تاوەکو بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، [١٥]چونکە یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: جارێکی دیکە دیسان لەم خاکەدا خانوو و کێڵگە و ڕەز دەکڕدرێتەوە.“

[١٦]«دوای ئەوەی گرێبەستەکەی کڕینم دایە باروخی کوڕی نێرییا، نوێژم بۆ یەزدان کرد و گوتم:

[١٧]«ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست، ئەوەتا تۆ بە توانای مەزن و دەستی بەهێزەوە ئاسمان و زەویت دروستکردووە و هیچ شتێك لەلای تۆ قورس نییە. [١٨]خۆشەویستی نەگۆڕ بۆ هەزاران بەدەردەخەیت، بەڵام تۆ سزای کوڕ دەدەیت لەسەر ئەو تاوانەی باوکی لەپێش ئەو کردوویەتی. ئەی خودای گەورە و پاڵەوان، ئەوەی ناوت یەزدانی سوپاسالارە، [١٩]لە پلاندانان مەزنی، لە کارکردندا بە توانای، چاوەکانت لەسەر هەموو ڕەفتارەکانی ئادەمیزاد کراوەن، هەتا هەریەکە و پاداشتی شایستەی ڕەفتار و کردەوەکانی بدەیتەوە. [٢٠]تۆ نیشانە و پەرجووەکانت[a] لە خاکی میسردا نواند، بەردەوام هەتا ئەمڕۆش لە ئیسرائیل و لەنێو هەموو مرۆڤایەتیدا دەیاننوێنیت، بەمەش ناوێکت بەدەستهێناوە کە هێشتا ماوە. [٢١]بە نیشانە و پەرجوو، بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز، بە ترسێکی گەورەوە، ئیسرائیلی گەلی خۆتت لە خاکی میسر دەرهێنا. [٢٢]ئەم خاکەت پێدان کە سوێندت خواردبوو بیدەیتە باوباپیرانیان، خاکێك شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [٢٣]جا هاتن و بوونە خاوەنی، بەڵام گوێیان لە تۆ نەگرت، فێرکردنی تۆیان پەیڕەو نەکرد، ئەوانەیان نەکرد کە تۆ فەرمانت پێکردن بیانکەن. جا هەموو ئەم خراپەیەت بەسەریاندا هێنا.

[٢٤]«ئەوەتا مەتەرێز بۆ دەست بەسەرداگرتنی شارەکە لێدراوە. شارەکە بەهۆی شمشێر و قاتوقڕی و دەردەوە ڕادەستی بابلییەکان دەکرێت کە لە دژی دەجەنگن. هەروەك دەیبینیت، ئەوەی تۆ فەرمووت ڕوویدا. [٢٥]ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆ خۆت پێت فەرمووم: ”بە شایەتی چەند شایەتێك کێڵگەکە بە زیو بۆ خۆت بکڕە،“ کەچی شارەکەت داوەتە دەست بابلییەکان.»

[٢٦]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات: [٢٧]«من یەزدانم، خودای هەموو ئادەمیزاد، ئایا هیچ شتێك هەیە بۆ من قورس بێت؟ [٢٨]لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من خەریکم ئەم شارە بدەمە دەست بابلییەکان و دەست نەبوخودنەسری پاشای بابل و بیگرێت. [٢٩]جا بابلییەکان کە لە دژی ئەو شار دەجەنگن، دێنە ناوی بە ئاگر گڕی تێبەردەدەن، ئەو ماڵانەش دەسووتێنن کە لە سەربانەکانیان بخووریان بۆ بەعل سووتاند و شەرابی پێشکەشکراویان پێشکەشی خوداوەندەکانی دیکە کرد بۆ ئەوەی پەستم بکەن.»

[٣٠]یەزدان دەفەرموێت: «نەوەی ئیسرائیل و نەوەی یەهودا هەر لە گەنجێتییانەوە تەنها خراپەیان لەبەرچاوم کردووە، چونکە نەوەی ئیسرائیل بە دروستکراوەکانی دەستیان تەنها پەستیان کردم. [٣١]لەو ڕۆژەوەی ئەم شارەیان بنیادیان ناوە هەتا ئەمڕۆ، بۆ من بووەتە مایەی تووڕەبوون و هەڵچوونم، کە دەبێت لەبەردەمم ڕایماڵم. [٣٢]نەوەی ئیسرائیل و نەوەی یەهودا پەستیان کردم، بە هەموو ئەو خراپانەی کردیان، ئەوان و پاشا و سەرکردە و کاهین و پێغەمبەرەکانیان، پیاوانی یەهودا و خەڵکی ئۆرشەلیم. [٣٣]جا پشتیان تێکردم نەك ڕوو، لە کاتێکدا من بەردەوام فێرم دەکردن، بەڵام نە گوێیانگرت و نە تەمبێ بوون. [٣٤]بەڵکو بتە قێزەونەکانیان لەو ماڵە دانا کە ناوی منی هەڵگرتووە و گڵاویان کرد. [٣٥]هەروەها نزرگەی بەعلیان لەسەر بەرزاییەکان بنیاد نا، کە لە دۆڵی بەنهینۆمە، تاوەکو کوڕ و کچەکانیان وەك

[a] ٢٠ پەرجوو: موعجیزە.

قوربانی بۆ مۆلەخ[a] بسووتێنن، ئەو شتە قێزەوونانەیان
کرد و وایانکرد یەهودا گوناه بکات، کە من نە
فەرمانم پێکردووە و نە بە خەیاڵیشمدا هاتووە.
٣٦«ئێوە دەربارەی ئەو شارە دەڵێن: ”بە شمشێر و
قاتوقڕی و دەرد دراوەتە دەست پاشای بابل.“ بەڵام
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دەفەرموێت: ٣٧ئەوەتا
من کۆیان دەکەمەوە، لە هەموو ئەو خاکانەی کە بە
تووڕەیی و هەڵچوونمەوە و بە پەستییەکی مەزنەوە
دەرمکردن بۆیان، دەیانگەڕێنمەوە ئەم شوێنە و بە
ئاسوودەیی نیشتەجێیان دەکەم. ٣٨ئەوان دەبن بە
گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئەوان. ٣٩یەك
دڵ و یەك ڕێبازیان پێدەدەم، بۆ ئەوەی هەردەم
لێم بترسن، بۆ چاکەی خۆیان و چاکەی کوڕەکانیان
لەپاش خۆیان. ٤٠پەیمانێکی هەتاهەتاییان لەگەڵدا
دەبەستم، کە خۆمیان لێ نەکێشمەوە و بەردەوام
چاکەیان لەگەڵدا بکەم، ترسی خۆم بخەمە دڵیان، بۆ
ئەوەی لێم لانەدەن. ٤١پێیان شاد دەبم کە چاکەیان
لەگەڵدا بکەم، بە دڵنیاییەوە، بە هەموو دڵم و لە
ناخمەوە، لەم خاکەدا دەیانڕوێنم.

٤٢«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: هەروەك هەموو
ئەم خراپە گەورانەم بەسەر ئەم گەلەدا هێنا،
ئاواش من هەموو ئەو چاکەیەیان بەسەردا دەهێنم
کە بەڵێنم پێیان دا. ٤٣جا کێڵگە دەکڕدرێتەوە لەم
خاکەی کە دەڵێن: ”وێرانە، نە مرۆڤ و نە ئاژەڵی
تێدا نییە، دراوەتە دەست بابلییەکان.“ ٤٤بە شایەتی
چەند شایەتێك بە زیو کێڵگە دەکڕن، گرێبەست
لە کاغەزێك دەنووسن و مۆری دەکەن، لە خاکی
بنیامین و دەوروبەری ئۆرشەلیم، لە شارۆچکەکانی
یەهودا، لە شارۆچکەکانی ناوچە شاخاوییەکان،
لە زوورگەکانی خۆرئاوا و نەقەب، چونکە من
ڕاپێچکراوەکانیان دەگەڕێنمەوە.» ئەوە فەرمایشتی
یەزدانە.

## بەڵێنی گەڕانەوە

٣٣ یەرمیا کە هێشتا لە حەوشەی پاسەوانەکان
بەند کرابوو، دووبارە فەرمایشتی یەزدانی
بۆ هاتەوە: ٢«یەزدانی دروستکەری زەوی کە شێوەی
کێشاوە هەتا بیچەسپێنێت، ناوی یەزدانە، ئەمە
دەفەرموێت: ٣”بانگم بکە، وەڵامت دەدەمەوە و شتە
مەزنەکانت پێ ڕادەگەیەنم، شتە پەی پێ نەبراوەکان
کە نایانزانیت.“ ٤چونکە یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل سەبارەت بە خانووەکانی ئەم شارە و
کۆشکەکانی پاشاکانی یەهودا، ئەوانەی تێکدران
بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەتەرێز و شمشێر ٥لە
جەنگی دژی بابلییەکان، یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
”پڕ بکرێن لە لاشەی ئەو کەسانەی بە تووڕەیی و
بە جۆشی خۆم لێم دان، ئەوانەی لەبەر هەموو
خراپەکانی ئەوان ڕووی خۆم لەم شارە وەرگێڕا.
٦«”لەگەڵ ئەوەشدا من تەندروستی و
چاکبوونەوەی بۆ دێنم، گەلەکەم چاك دەکەمەوە،
ئاشتی و ئارامییەکی فراوانیان بۆ فەراهەم دەکەم.
٧یەهودا و ئیسرائیل لە ڕاپێچکراوی دەهێنمەوە
و وەك پێشوویان بنیادیان دەنێمەوە. ٨پاکیان
دەکەمەوە لە هەموو گوناهەکانیان کە لە دژی
من کردوویانە، لە هەموو گوناه و یاخیبوونەکانیان
خۆشدەبم کە لە دژی من کردوویانە. ٩جا ئەم شارە
بۆم دەبێتە ناوبانگ و شادی، ستایشکردن و شانازی،
لەلای هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی کە ئەم هەموو
چاکەیە دەبیستنەوە من بۆی دەکەم. جا دەترسن
و لەرز دەیانگرێت، لەبەر هەموو ئەو چاکەیە و
هەموو ئەو ئاشتییەی کە من بۆی فەراهەم دەکەم.“
١٠«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”سەبارەت بەم
شوێنەی ئێوە دەڵێن، ’وێرانە، بێ مرۆڤ و بێ ئاژەڵە.‘
بەڵام شارۆچکەکانی یەهودا و شەقامەکانی ئۆرشەلیم
وێرانن، بێ مرۆڤ و بێ دانیشتووان و بێ ئاژەڵن،
١١دەنگی شادی و دەنگی خۆشی دەبیسترێت،
دەنگی زاوا و دەنگی بووك، دەنگی ئەوانەی قوربانی
سوپاسگوزاری دەهێننە ناو ماڵی یەزدان، کە دەڵێن:

---

[a] ٣٥ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم پوختەی مێژوو ٣:٢٨.

«’”ستایشی یەزدانی سوپاسالار بکەن،
چونکە یەزدان چاکە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتاییە.‘

یەزدان دەفەرموێت، ڕاپێچکراوی خاکەکە دەگەڕێنمەوە و وەك پێشتریان لێدەکەمەوە.“

[12] «یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”لەم شوێنە وێرانەدا کە بێ مرۆڤ و بێ ئاژەڵە، جارێکی دیکە لە هەموو شارۆچکەکانی جێی شەوینی شوانەکان و مانەوەی مەڕەکانی لێ دەبێت. [13] لە شارۆچکەکانی ناوچە شاخاوییەکان و زوورگەکانی خۆرئاوا و نەقەب و خاکی بنیامین، دەوروبەری ئۆرشەلیم و شارۆچکەکانی یەهودا، جارێکی دیکە مەڕ بەژێر دەستی ئەوەدا تێدەپەڕێت کە دەیانژمێرێت.[a]“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.»

[14] یەزدان دەفەرموێت: «”ڕۆژێك دێت، ئەو بەڵێنە چاکە دەهێنمە دی کە سەبارەت بە بنەماڵەی ئیسرائیل و بنەماڵەی یەهودا فەرمووبووم.

[15] «”لەو سەردەمەدا و لەو کاتەدا
لقێکی ڕاستودروست بۆ داود دەردەکەم،
جا ڕاستودروستی و دادپەروەری لەسەر زەوی
پەیڕەو دەکات.
[16] لەو ڕۆژانەدا یەهودا ڕزگار دەبێت،
ئۆرشەلیم بە ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبێت.
ئەو ناوەی کە پێی دەناسرێت:
یەزدان ڕاستودروستیمانە.“»

[17] «چونکە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”پیاو لە داود نابڕێت بۆ دانیشتن لەسەر تەختی بنەماڵەی ئیسرائیل. [18] لە کاهینە لێڤییەکانیش پیاو نابڕێت لەبەردەمم بۆ بەردەوامیدان بە پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندن، سووتاندنی پێشکەشکراوی دانەوێڵە و ئامادەکردنی قوربانی سەربڕاو.“»

[19] هەروەها فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات: [20] «یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئەگەر بتوانن پەیمانەکەم لەگەڵ ڕۆژ و لەگەڵ شەودا بشکێنن، تاکو ئیتر ڕۆژ و شەو لە کاتی خۆیاندا نەبن، [21] ئەوسا دەکرێ پەیمانەکەم لەگەڵ داودی بەندەم بشکێنرێت و کوڕی نەبێت بۆ ئەوەی لەسەر تەختەکەی ببێتە پاشا، هەروەها لەگەڵ لێڤییە کاهینەکانی خزمەتکارانم. [22] هەروەك چۆن ئەستێرەکانی ئاسمان ناژمێردرێن و لمی دەریا ئامار ناکرێت، ئاوا نەوەی داودی بەندەم و لێڤییە خزمەتکارەکانم زیاد دەکەم.“»

[23] ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات: [24] «نەتبینیوە ئەم گەلە باسی چی دەکەن و دەڵێن: ”ئەو دوو خێڵەی[b] یەزدان هەڵیبژاردن، ڕەتی کردنەوە.“ ئینجا سووکایەتییان بە گەلەکەم کرد، وەك ئەوەی ئیتر نەتەوە نەبێت لەبەردەمیان. [25] یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئەگەر پەیمانی خۆمم لەگەڵ ڕۆژ و شەو و فەرزەکانی ئاسمان و زەوی نەبەست، [26] ئەوسا نەوەی یاقوب و داودی بەندەم ڕەت دەکەمەوە و لە نەوەکەی ئەو فەرمانڕەوایان بەسەر نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبەوە دانانێم، چونکە من ڕاپێچکراوەکانیان دەگەڕێنمەوە و بەزەییم پێیاندا دێتەوە.“»

## ئاگاداری بۆ سدقیا

٣٤ کاتێك نەبوخودنەسری پاشای بابل و هەموو سوپاکەی و هەموو شانشینەکانی ئەو خاکانەی لەژێر دەستی فەرمانڕەوایەتی ئەودا بوون و هەموو گەلان لە دژی ئۆرشەلیم و هەموو شارۆچکەکانی دەجەنگین، یەزدان پەیامی بۆ یەرمیا نارد، فەرمووی: [2] «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بڕۆ قسە لەگەڵ سدقیای پاشای یەهودا بکە و پێی بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من خەریکم ئەم شارە دەدەمە دەست پاشای بابلەوە و بە ئاگر دەیسووتێنێت. [3] تۆش لە دەستی دەرباز نابیت، بەڵکو بەگرتن دەگیرێیت و دەدرێیتە دەستی ئەوەوە، چاوەکانت چاوەکانی پاشای بابل

[a] ١٣ نیشانەیە بۆ هەبوونی ئاشتی و گەشەسەندنی خاکەکە.

[b] ٢٤ مەبەستی لە نەوەکانی یاقوب و داودە، بڕوانە ئایەتی ٢٦

دەبینێت، ڕووبەڕوو قسەت لەگەڵ دەکات. پاشان
دەچیتە بابل.
[٤]«”ئەی سدقیای پاشای یەهودا، گوێ لە بەڵێنی
یەزدان بگرە، یەزدان ئەمە دەفەرموێت سەبارەت بە
تۆ: بە شمشێر نامریت، [٥]بە ئاشتی دەمریت. وەك
چۆن خەڵکی بۆ ڕێزگرتن لە باوباپیرانی پاشاکانی
پێش تۆ بخووریان دەسووتاند، ئاوا بۆ ڕێزگرتن لە تۆ
بخوور دەسووتێنن، بە ’گەورە ڕۆ!‘ بۆت دەلاوێنەوە.
یەزدان دەفەرموێت: من ئەو بەڵێنە دەدەم.“»
[٦]جا یەرمیای پێغەمبەر لە ئۆرشەلیم هەموو
ئەم قسانەی بە سدقیای پاشای یەهودا گوت، [٧]لەو
کاتەی سوپاکەی پاشای بابل کەوتە جەنگەوە لە
دژی ئۆرشەلیم و ئەو شارانەی دیکەی یەهودا
کە مابوونەوە، لە دژی لاخیش و عەزێقا، لە شارە
قەڵابەندەکانی یەهودا تەنها ئەمانە مابوونەوە.

## ئازادکردنی کۆیلەکان

[٨]ئەو پەیامەی لەلایەن یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات،
دوای ئەوەی سدقیای پاشا پەیمانی لەگەڵ هەموو
گەل بەست کە لە ئۆرشەلیم بوون بۆ ڕاگەیاندنی
ئازادکردنی کۆیلە. [٩]هەرکەسە کۆیلە عیبرانییەکەی
و کەنیزە عیبرانییەکەی خۆی ئازاد بکات، بۆ ئەوەی
کەس ئەو برا و خوشکە جولەکەیەی نەکات بە
کۆیلە. [١٠]پیاوە گەورەکان و هەموو گەل هاتنە
ناو پەیمانەکەوە و ڕازی بوون بەوەی هەرکەسە
و دەبێت کۆیلە و کەنیزەکەی خۆی ئازاد بکات
و ئیتر کەس نەیانکات بە کۆیلە، گوێڕایەڵ بوون
و بەڕەڵایان کردن. [١١]بەڵام پاشان گەڕانەوە، ئەو
کۆیلە و کەنیزانەی ئازادیان کردبوون جارێکی دیکە
کردیاننەوە بە کۆیلە و کەنیزە.
[١٢]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات:
[١٣]«یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە
دەفەرموێت: من لەگەڵ باوباپیرانتان پەیمانم
بەست، ئەو ڕۆژەی لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان لە
خاکی کۆیلایەتییەوە، فەرمووم: [١٤]”لە کۆتایی حەوت
ساڵدا هەرکەسە و دەبێت ئەو عیبرانییە ئازاد بکات
و بەڕەڵا بکات کە خۆی بە ئێوە فرۆشتووە و شەش
ساڵ خزمەتی کردوون.“[a] بەڵام باوکانتان گوێیان لێ
نەگرتم و گوێیان شل نەکرد. [١٥]ئەمڕۆ ئێوە تۆبەتان
کرد و ئەوەی لەبەرچاوی من ڕاست بوو کردتان،
هەرکەسە و ئازادکردنی بۆ هاونیشتیمانییەکەی
ڕاگەیاند، لەو ماڵەی ناوی منی هەڵگرتووە پەیمانتان
بەست. [١٦]بەڵام پاشان هەڵگەڕانەوە و ناوی منتان
زڕاند، هەریەکەتان کۆیلە و کەنیزەکەی گەڕاندەوە،
ئەوانەی ئازادتان کردبوون چیان بووێ بۆ خۆیان
بیکەن، ناچارتان کردن ببنەوە کۆیلە و کەنیزەتان.
[١٧]«لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئێوە
گوێڕایەڵی من نەبوون بۆ ئەوەی هەرکەسە و
ئازادکردنی هاونیشتیمانییەکەی ڕابگەیەنێت، من
”ئازادی“ بۆ ئێوە ڕادەگەیەنم، ”ئازادی“ بۆ ئەوەی
بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناوبچن. وا دەکەم
هەموو شانشینەکانی زەوی لێتان بتۆقن. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە. [١٨]ئەو کەسانەی کە پەیمانەکەی
منیان شکاند، ئەوانەی بەندەکانی ئەو پەیمانەیان
جێبەجێ نەکرد کە لەبەردەمی من بەستیان، وەك
ئەو گوێرەکەیەیان لێدەکەم کە دوو لەتیان کرد و
بەناو دوو لەتەکەیدا تێپەڕین.[b] [١٩]پیاوە گەورەکانی
یەهودا و پیاوە گەورەکانی ئۆرشەلیم و کاربەدەستان
و کاهینان و هەموو گەلی خاکەکە، ئەوانەی بەناو
دوو لەتی جوانەگادا تێپەڕین، [٢٠]دەیاندەمە دەست
دوژمنەکانیان کە دەیانەوێ بیانکوژن. تەرمەکانیان
دەبێت بە خۆراکی باڵندە و ئاژەڵی کێوی.
[٢١]«سدقیای پاشای یەهودا و پیاوە گەورەکانیشی
دەدەمە دەست دوژمنەکانیان کە دەیانەوێ
بیانکوژن، دەیاندەمە دەست سوپاکەی پاشای
بابل، ئەوانەی لە کۆڵتان بوونەتەوە. [٢٢]من فەرمان

[a] ١٤ بڕوانە دواوتار ١٢:١٥

[b] ١٨ وەك نیشانەی بەستنی پەیمان گوێرەکەیەك پارچە کراوە بۆ دوو بەش و جیا کراوەتەوە، هەروەها ئەو کەسەی پەیمانەکە دەبەستێت بە نێوان دوو بەشەکەدا تێدەپەڕێت و دەڵێت ئەگەر دڵسۆز نەبم بۆ پەیمانەکە منیش وەك ئەوەم لێبێت. بڕوانە پەیدابوون ٩:١٥-١٩.

دەدەم بابلییەکان بگەڕێنەوە ئەم شارە و لە دژی
بجەنگن. ئەم شارە دەگرن و بە ئاگر دەیسووتێنن،
شارۆچکەکانی یەهوداش وێران دەکەم و ئاوەدانی
تێدا نامێنێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## ڕێکابییەکان

٣٥ ئەمە ئەو پەیامەیە کە لەلایەن یەزدانەوە
بۆ یەرمیا هات، لە سەردەمی پاشایەتی
یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا: ٢«بڕۆ
بۆ ماڵی ڕێکابییەکان و قسەیان لەگەڵ بکە، بیانهێنە
بۆ ماڵی یەزدان، بیانبە ژوورەوە بۆ یەکێك لە ژوورە
لاتەنیشتەکان و شەرابیان دەرخوارد بدە.»
٣منیش یازەنیاهوی کوڕی یەرمیای کوڕی
حەڤەچینیا و براکانی و هەموو کوڕەکانی و هەموو
بنەماڵەی ڕێکابییەکانم برد. ٤ئەوانم بردە ماڵی
یەزدان، بۆ ژوورەکەی نەوەکانی حانانی کوڕی
یەگدەلیاهوی پیاوی خودا، ئەوەی لەتەنیشت ژووری
پیاوە گەورەکانە، لەسەر ژوورەکەی مەعسێیاهوی
کوڕی شەلوم کە پاسەوانی دەرگاکەیە. ٥جامی
پڕ شەراب و پەرداخم لەپێش کوڕانی بنەماڵەی
ڕێکابییەکان دانا و پێم گوتن: «شەراب بخۆنەوە!»
٦بەڵام ئەوان گوتیان: «ئێمە شەراب ناخۆینەوە،
چونکە یۆنادابی کوڕی ڕێکابی باپیرە گەورەمان،
فەرمانی پێ کردووین و گوتوویەتی: "نە خۆتان و
نە کوڕەکانتان بۆ هەتاهەتایە شەراب مەخۆنەوە.
٧هەروەها خانوو بنیاد مەنێن، کشتوکاڵ مەکەن،
ڕەزیش مەچێنن و نەتانبێت، بەڵکو بە درێژایی
ژیانتان چادرنشین بن، بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژ
لەسەر ڕووی ئەم خاکە بژین کە ئێوە تێیدا نامۆن."
٨ئێمەش گوێڕایەڵی قسەکەی یۆنادابی کوڕی ڕێکابی
باپیرە گەورەمان دەبین. لە هەموو ئەوەی فەرمانی
پێ کردووین، بە درێژایی ژیانمان نە خۆمان و نە
ژنەکانمان و نە کوڕ و کچەکانمان شەراب ناخۆینەوە،
٩خانوو بنیاد نانێن بۆ نیشتەجێبوونمان، ڕەز و کێڵگە
و کشتوکاڵیشمان نابێت. ١٠چادرنشین بووین، بە
تەواوی گوێڕایەڵی هەموو ئەوە بووین کە یۆنادابی
باپیرە گەورەمان فەرمانی پێ کردووین. ١١بەڵام
کاتێك نەبوخودنەسری پاشای بابل هەڵیکوتایە سەر
ئەو خاکە، ئێمەش گوتمان: "دەبێ بچینە ئۆرشەلیم
بۆ هەڵاتن لە دەستی سوپای بابلی و سوپای
ئارامییەکان." جا لە ئۆرشەلیم نیشتەجێ بووین.»
١٢ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات،
یەزدان بە یەرمیای فەرموو: ١٣«یەزدانی سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بڕۆ بە پیاوانی
یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم بڵێ یەزدان پێتان
دەفەرموێت: "ئایا ئێوە تەمبێ نابن، بۆ ئەوەی
گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانم بن؟ ١٤یۆنادابی کوڕی
ڕێکاب فەرمانی بە کوڕەکانی کرد شەراب نەخۆنەوە،
فەرمانەکەی جێبەجێ کرا. هەتا ئەمڕۆش شەرابیان
نەخواردووەتەوە، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی باپیرە
گەورەیان بوون. بەڵام من بەردەوام قسەم لەگەڵ
ئێوە کردووە، ئێوە گوێڕایەڵی من نەبوون. ١٥من بە
بەردەوامی هەموو بەندە پێغەمبەرەکانی خۆمم بۆ
ئێوە ناردووە، بۆ ئەوەی پێتان بڵێن: 'هەریەکە و
لە ڕەفتارە خراپەکانتان بگەڕێنەوە و کردەوەکانتان
چاك بکەنەوە، دوای خودای دیکە مەکەون بۆ
پەرستنیان، بگەڕێنەوە بۆ ئەو خاکەی داومەتە
خۆتان و باوباپیرانتان.' بەڵام ئێوە گوێتان پێنەدام
و گوێتان لێ نەگرتم. ١٦کوڕەکانی یۆنادابی کوڕی
ڕێکاب فەرمانەکەی باپیرە گەورەیان بەجێگەیاند کە
فەرمانی پێ کردن، بەڵام ئەم گەلە گوێڕایەڵی من
نەبوون."
١٧«لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: "ئەوەتا من
هەموو ئەو خراپەیە بەسەر یەهودا و دانیشتووانی
ئۆرشەلیمدا دەهێنم کە سەبارەت بەوان فەرمووبووم.
لەبەر ئەوەی قسەم لەگەڵ کردن، بەڵام گوێیان لێ
نەگرتم، بانگم کردن بەڵام وەڵامیان نەدامەوە."»
١٨یەرمیا بە بنەماڵەی ڕێکابییەکانی گوت:
«یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە
دەفەرموێت: "ئێوە گوێڕایەڵی فەرمانەکەی یۆنادابی

باپیرە گەورەتان بوون، هەروەها هەموو فەرمانەکانی
ئەوتان پاراست و هەموو ئەوەتان کرد کە فەرمانی
پێ کردبوون.“ ١٩لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”بە درێژایی
ڕۆژگار پیاو نابڕێت لە یۆنادابی کوڕی ڕێکاب بۆ
خزمەتکردنم.“»

## سووتاندنی تۆمارەکەی یەرمیا

٣٦ لە ساڵی چوارەمی یەهۆیاقیمی کوڕی
یۆشیای پاشای یەهودا، ئەم پەیامە لەلایەن
یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات: ٢«تۆمارێك بۆ خۆت بهێنە
و هەموو ئەو وشانەی کە پێم فەرموویت سەبارەت
بە ئیسرائیل و یەهودا و هەموو گەلان، لە ماوەی
پاشایەتی یۆشیاوە هەتا ئەمڕۆ، هەمووی تێدا تۆمار
بکە. ٣بەڵکو بنەماڵەی یەهودا گوێیان لە هەموو ئەو
بەڵایە دەبێت کە بە نیازم بەسەریان بهێنم، بۆ ئەوەی
هەریەکە و لە ڕێگا خراپەکانی خۆیەوە بگەڕێتەوە،
منیش لە تاوان و گوناهەکانیان خۆشدەبم.»
٤یەرمیاش باروخی کوڕی نێرییای بانگکرد، کاتێك
یەرمیا هەموو وشەکانی یەزدان کە قسەی لەگەڵیدا
پێکردبوو دەیگوت، باروخ لە تۆمارێکدا نووسییەوە.
٥یەرمیا فەرمانی بە باروخ کرد و گوتی: «من بەندم
و ناتوانم بچمە ناو پەرستگای یەزدانەوە. ٦جا تۆ
لە ڕۆژی ڕۆژووگرتن بڕۆ ناو پەرستگای یەزدان و
وشەکانی یەزدان ئەوەی لەبەردەمم لە تۆمارەکەدا
نووسیتەوە بیخوێنەوە. بۆ گەلی یەهودای بخوێنەوە،
ئەوانەی لە شارۆچکەکانی خۆیانەوە دێن. ٧بەڵکو
لەبەردەم یەزدان دەپاڕێنەوە، هەریەکە لە ڕێگا
خراپەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو
تووڕەیی و هەڵچوونەی کە یەزدان سەبارەت بەم
گەلە فەرموویەتی، گەورەیە.»
٨باروخی کوڕی نێرییاش هەموو ئەوەی کرد کە
یەرمیای پێغەمبەر ڕایسپارد. بەوەی لە پەرستگای
یەزداندا وشەکانی یەزدانی لەنێو تۆمارەکە
خوێندەوە. ٩لە مانگی نۆی ساڵی پێنجەمی
یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا، بانگەوازی
ڕۆژووگرتنیان ڕاگەیاند بۆ هەموو گەل لە ئۆرشەلیم،
لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە شارۆچکەکانی یەهوداوە
هاتبوونە ئۆرشەلیم. ١٠لە ژوورەکەی گەمەریای کوڕی
شافانی خامەی نهێنی[a]، لە حەوشەکەی سەرەوە،
لەلای دالآنی دەروازە نوێیەکەی پەرستگای یەزدان،
باروخ وشەکانی نێو تۆمارەکەی یەرمیای بۆ هەموو
گەل خوێندەوە.
١١کاتێك میخایوی کوڕی گەمەریای کوڕی شافان
هەموو وشەکانی یەزدانی لەنێو تۆمارەکە بیست،
١٢دابەزی بۆ ژوورەکەی خامەی نهێنی لە کۆشکی
پاشا، کە هەموو پیاوە گەورەکان لەوێ دانیشتبوون،
ئەلیشاماعی خامەی نهێنی، دەلایای کوڕی شەمەعیا،
ئەلناتانی کوڕی عەکبۆر، گەمەریای کوڕی شافان،
سدقیای کوڕی حەنەنیا، هەروەها هەموو پیاوە
گەورەکانی دیکە. ١٣میخایوش هەموو ئەو قسانەی
پێ ڕاگەیاندن کە بیستبووی، لە کاتێك کە باروخ
تۆمارەکەی بۆ گەل دەخوێندەوە. ١٤جا هەموو
پیاوە گەورەکان یەهودی کوڕی نەتەنیاهۆی کوڕی
شەلەمیاهوی کوڕی کووشیان نارد بۆ ئەوەی بە
باروخ بڵێت: «ئەو تۆمارەی لێیەوە بۆ ئەم گەلە
خوێندتەوە، لەگەڵ دەستت هەڵیبگرە و وەرە.» ئینجا
باروخی کوڕی نێرییاش تۆمارەکەی لەگەڵ دەستی
هەڵگرت و چوو بۆ لایان. ١٥پێیان گوت: «فەرموو
دابنیشە، گوێمان لێبێت بیخوێنەوە.» باروخیش بۆی
خوێندنەوە.
١٦کاتێك گوێیان لە هەموو ئەو وشانە بوو، بە
ترسەوە تەماشای یەکتریان کرد و بە باروخیان گوت:
«دەبێ تەواوی ئەم وشانە بە پاشا ڕابگەیەنین.»
١٧ئینجا لە باروخیان پرسی: «تکایە پێمان بڵێ چۆن
هەموو ئەم وشانەت نووسی؟ ئایا لە دەمی یەرمیا
بیستت؟»
١٨باروخیش وەڵامی دانەوە: «بەڵێ، بە دەمی
خۆی هەموو ئەم وشانەی بۆ دەگوتم، منیش بە
مەرەکەب لە تۆمارەکەدا دەمنووسییەوە.»
١٩ئینجا پیاوە گەورەکان بە باروخیان گوت: «بڕۆ

[a] ١٠ ڕازپۆش.

خۆت و یەرمیا خۆتان بشارنەوە، با کەس نەزانێت ئێوە لەکوێن.»

[٢٠]دوای ئەوەی تۆمارەکەیان لە ژوورەکەی ئەلیشاماعی خامەی نهێنی دانا، چوونە هەیوانەکە بۆ لای پاشا، هەموو ئەو شتانەیان بە پاشا ڕاگەیاند. [٢١]پاشا یەهودی نارد بۆ ئەوەی تۆمارەکە بهێنێت، ئەویش لە ژوورەکەی ئەلیشاماعی خامەی نهێنییەوە تۆمارەکەی هێنا. یەهودی بۆ پاشا و بۆ هەموو ئەو پیاوە گەورانەی لای پاشا وەستابوون خوێندییەوە. [٢٢]ئەوە لە مانگی نۆ بوو، پاشا لە ماڵی زستانە دانیشتبوو، ئاگردانێکیش لەبەردەمی داگیرسابوو. [٢٣]کاتێك یەهودی سێ چوار ستوونی لە تۆمارەکە خوێندەوە، پاشا بە قەڵەمبڕی نووسەرەکە پارچەپارچەی کرد و فڕێیدایە ناو ئاگردانەکەوە هەتا هەموو تۆمارەکە لەناو ئاگرەکە بە تەواوی فەوتا. [٢٤]جا نە پاشا و نە هیچ یەکێك لە خزمەتکارەکانی کە گوێیان لە هەموو ئەو وشانە بوو نەترسان، جلەکانی بەریان دانە دڕی. [٢٥]هەرچەندە ئەلناتان و دەلایا و گەمەریا تکایان لە پاشا کرد تۆمارەکە نەسووتێنێت، بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرتن. [٢٦]بەڵکو پاشا فەرمانی دا بە میر یەرەحمێل و سەرایای کوڕی عەزریێل و شەلەمیاهوی کوڕی عەبدئێل بۆ گرتنی باروخی سەرقەڵەم و یەرمیای پێغەمبەر، بەڵام یەزدان ئەوانی شاردەوە.

[٢٧]دوای ئەوەی پاشا تۆمارەکەی سووتاند کە ئەو وشانەی تێدابوو باروخ لە دەمی یەرمیاوە نووسیبووی، فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیا هات: [٢٨]«بگەڕێوە و تۆمارێکی دیکە ببە و هەموو ئەو وشانەی تێدا بنووسەوە کە لەناو تۆمارەکەی یەکەم جار بوو، ئەوەی یەهۆیاقیمی پاشای یەهودا سووتاندی. [٢٩]بە یەهۆیاقیمی پاشای یەهوداش بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: تۆ ئەو تۆمارەیەت سووتاند و گوتت: ’بۆچی تێیدا نووسیت و گوتت، بێگومان پاشای بابل دێت و ئەم خاکە دەفەوتێنێت و مرۆڤ و ئاژەڵی تێدا قڕ دەکات؟‘ [٣٠]لەبەر ئەوە یەزدان لەبارەی یەهۆیاقیمی پاشای یەهوداوە ئەمە دەفەرموێت: کەس لە ڕەچەڵەکی ئەو لەسەر تەختی داود دانانیشێت، تەرمەکەی فڕێدەدرێتە بەر گەرمای ڕۆژ و سەرمای شەو. [٣١]سزای خۆی و منداڵ و خزمەتکارەکانی دەدەم لەسەر تاوانەکانیان، هەموو ئەو بەڵایەی پێیانم گوت، بەسەر خۆیان و دانیشتووانی ئۆرشەلیم و پیاوانی یەهودای دەهێنم، چونکە گوێیان لێ نەگرت.“»

[٣٢]ئینجا یەرمیا تۆمارێکی دیکەی برد و دایە باروخی کوڕی نێریای سەرقەڵەم، ئەویش لە دەمی یەرمیاوە هەموو وشەکانی ئەو تۆمارەی نووسییەوە کە یەهۆیاقیمی پاشای یەهودا لەناو ئاگردانەکە سووتاندی، هەروەها زۆر وشەی لەو جۆرەشی بۆ زیاد کرد.

## یەرمیا لە بەندیخانە

٣٧ ئینجا نەبوخودنەسری پاشای بابل سدقیا کوڕی یۆشیای لە خاکی یەهودا کردە پاشا، لە جێی یەهۆیاکینی کوڕی یەهۆیاقیم. [٢]بەڵام نە خۆی و نە خزمەتکارەکانی و نە گەلی خاکەکە گوێیان لە پەیامەکەی یەزدان نەگرت کە لە ڕێگەی یەرمیای پێغەمبەرەوە فەرمووی.

[٣]جا سدقیای پاشا یەهوخەلی کوڕی شەلەمیاهو و سەفەنیای کوڕی مەعسێیاهوی کاهینی بۆ لای یەرمیای پێغەمبەر نارد و گوتی: «تکایە لە پێناوی ئێمە لە یەزدانی پەروەردگارمان بپاڕێوە.»

[٤]لەو کاتەدا یەرمیا بە ئازادی هاتوچۆی ناو خەڵکی دەکرد، چونکە هێشتا نەیانخسبووە بەندیخانەوە. [٥]سوپاکەی فیرعەونیش لە میسرەوە بەڕێکەوتبوون، کاتێك ئەو بابلییانەی کە گەمارۆی ئۆرشەلیمیان دابوو هەواڵی ئەوانیان بیست، لە ئۆرشەلیم کشانەوە.

[٦]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ یەرمیای پێغەمبەر هات، پێی فەرموو: [٧]«یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: پاشای یەهودا کە ئێوەی ناردووە بۆ لام تاکو لێم بپرسێت، پێی بڵێن: ”ئەوەتا سوپاکەی فیرعەون کە بۆ یارمەتیتان بەڕێکەوتوون، دەگەڕێتەوە خاکەکەی خۆی، میسر. [٨]بابلییەکانیش

دەگەڕێنەوە و شەڕ لەگەڵ ئەم شارە دەکەن، دەیگرن و بە ئاگر دەیسووتێنن.“

[9]«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: خۆتان مەخەڵەتێنن و بڵێن: ”بابلییەکان بە تەواوی لە کۆڵمان دەبنەوە.“ لە کۆڵتان نابنەوە! [10]تەنانەت ئەگەر هەموو سوپای بابلییەکانیش ببەزێنن کە لە دژتان دەجەنگن، تەنها چەند پیاوێکی برینداریان لێ بمێنێتەوە، ئەوا هەریەکە لە چادرەکەی خۆیانەوە هەڵدەستنەوە و ئەم شارە بە ئاگر دەسووتێنن.»

[11]دوای ئەوەی سوپای بابلییەکان لە ئۆرشەلیم بەرامبەر بە سوپاکەی فیرعەون کشانەوە، [12]یەرمیاش دەستبەجێ ئۆرشەلیمی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بچێتە خاکی بنیامین، تاکو لەوێ لەنێو گەل بەشی خۆی لە زەوی وەربگرێت. [13]بەڵام کە گەیشتە ناو دەروازەی بنیامین، سەرکارێکی پاسەوانان لەوێ هەبوو، ناوی یرئیا ی کوڕی شەلەمیاهوی کوڕی حەنەنیا بوو، یەرمیای پێغەمبەری گرت و پێی گوت: «تۆ دەچیتە پاڵ بابلییەکان!»

[14]یەرمیاش گوتی: «درۆیە! من ناچمە پاڵ بابلییەکان.» بەڵام یرئیا گوێی لێ نەگرت، ئینجا یەرمیای گرت و هێنایە لای پیاوە گەورەکان. [15]پیاوە گەورەکانیش لە یەرمیا تووڕە بوون، لێیاندا و لە ماڵی یۆناتانی خامەی نهێنی بەندیان کرد، چونکە ئەوێیان کردبووە بەندیخانە.

[16]یەرمیایان خستە کونجی زیندانەوە لە بەندیخانەکە، ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. [17]ئینجا سدقیا پاشا ناردی و لەوێ دەریانهێنا، پاشا لە ماڵەکەی خۆی بەدزییەوە پرسیاری لێکرد و گوتی: «ئایا هیچ پەیامێك لەلایەن یەزدانەوە هەیە؟»

یەرمیاش وەڵامی دایەوە: «بەڵێ، هەیە. تۆ دەکەویتە دەست پاشای بابلەوە.»

[18]ئینجا یەرمیا بە سدقیا پاشای گوت: «تاوانی من دەرهەق بە تۆ و خزمەتکارەکانت و ئەم گەلە چییە، هەتا بمخەنە بەندیخانەوە؟ [19]ئەی کوا پێغەمبەرەکانتان، ئەوانەی پێشبینییان بۆ کردیت و گوتیان: ”پاشای بابل نایەتە سەر ئێوە و ئەم خاکە“؟

[20]ئێستاش، ئەی پاشای گەورەم، تکایە گوێ بگرە. تکایە با لەبەردەمت بپاڕێمەوە: مەمگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی یۆناتانی خامەی نهێنی، با لەوێ نەمرم.»

[21]سدقیای پاشاش فەرمانی دا کە یەرمیا بخرێتە حەوشەی پاسەوانەکان، ڕۆژانە یەك نانی لە بازاڕی نانەوایانەوە پێبدرێت، هەتا بە تەواوی نان لە شارەکە دەبڕدرێتەوە. یەرمیا لە حەوشەی پاسەوانەکان مایەوە.

## یەرمیا فڕێدرایە ناو ئەمباراوێك

٣٨ ئینجا شەفەتیای کوڕی مەتان، گەدەلیاهوی کوڕی پەشحور، یەهوخەلی کوڕی شەلەمیاهو و پەشحوری کوڕی مەلکیا گوێیان لەو قسانە بوو کە یەرمیا لەگەڵ گەل دەیکرد و دەیگوت: [2]«یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”ئەوەی لەم شارەدا بمێنێتەوە بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لەناودەچێت، بەڵام ئەوەی بچێتە دەرەوە بۆ ناو بابلییەکان دەژییێت. ژیانی خۆی دەرباز دەکات و دەژییێت.“ [3]یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بە دڵنیاییەوە ئەم شارە دەدرێتە دەست سوپاکەی پاشای بابل، دەستی بەسەردا دەگرێت.“»

[4]جا پیاوە گەورەکان بە پاشایان گوت: «دەبێت ئەم پیاوە بکوژرێت. لەبەر ئەوەی بەو قسانەی وورەی ئەو سەربازانە دەڕووخێنێ کە لە شارەکەدا ماونەتەوە، هەروەها وورەی هەموو خەڵکیش دەرووخێنێ. ئەم پیاوە داوای چاکە بۆ ئەم گەلە ناکات، بەڵکو خراپە.»

[5]سدقیای پاشا گوتی: «ئەوەتا لەبەردەستتانە، پاشا توانای هیچی نییە بەرامبەر بە ئێوە.»

[6]ئەوانیش یەرمیایان برد و فڕێیان دایە ناو ئەمباراوەکەی مەلکیای کوڕی پاشا، ئەوەی لە حەوشەی پاسەوانەکانە. یەرمیایان بە گوریس شۆڕکردە خوارەوە، ئەمباراوەکەش ئاوی تێدا نەبوو، بەڵکو قوڕ. جا یەرمیا لەناو قوڕەکە چەقی.

[7]بەڵام عەبەدمەلەخ، کە کاربەدەستێکی کوشی[a]

[a] ٧ کوش: وڵاتێکە لە سەرووی ڕووباری نیل.

بوو لە کۆشکی پاشا، بیستی کە یەرمیایان فڕێداوەتە ناو ئەمباراوەکە. پاشاش لە دەروازەی بنیامین دانیشتبوو، [٨]عەبەدمەلەخ لە کۆشکی پاشاوە چوو و بە پاشای گوت: [٩]«پاشای گەورەم، ئەم پیاوانە خراپیان کرد لە هەموو ئەوەی بە یەرمیای پێغەمبەریان کرد. ئەوان فڕێیان داوەتە ناو ئەمباراوەکەوە، ئەو لە شوێنەکەی خۆی لە برسان دەمرێت، چونکە نان لە شار نەماوە.»

[١٠]پاشاش فەرمانی بە عەبەدمەلەخی کوشی کرد و گوتی: «لێرەوە سی پیاو لەگەڵ خۆت ببە، یەرمیای پێغەمبەر لە ئەمباراوەکەوە دەربێنە، هەتا نەمردووە.»

[١١]عەبەدمەلەخیش پیاوەکانی لەگەڵ خۆی برد، چووە ژوورێك لەژێر گەنجینەی کۆشکی پاشا. لەوێ هەندێك پەڕۆوپاتاڵ و جلی کۆنی هەڵگرت و بە گوریس بۆ یەرمیای شۆڕی کردەوە ناو ئەمباراوەکە. [١٢]عەبەدمەلەخی کوشی بە یەرمیای گوت: «پەڕۆوپاتاڵ و جلە کۆنەکان لەبن هەنگڵت لەژێر گوریسەکەوە دابنێ.» یەرمیاش ئاوای کرد. [١٣]ئینجا بە گوریس یەرمیایان هەڵکێشا، لە ئەمباراوەکە دەریانهێنا. جا یەرمیا لە حەوشەی پاسەوانەکان مایەوە.

## پرسیاری سدقیا لە یەرمیا

[١٤]پاشان سدقیا پاشا بەدوای یەرمیای پێغەمبەردا ناردی، لە دەروازەی سێیەمی پەرستگای یەزدان هێنایە لای خۆی. ئینجا پاشا بە یەرمیای گوت: «دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم، هیچم لێ مەشارەوە.»

[١٥]یەرمیاش بە سدقیای گوت: «ئەگەر پێت بڵێم، ئایا نامکوژیت؟ تەنانەت ئەگەر ئامۆژگاریشت بکەم، گوێم لێ ناگریت.»

[١٦]سدقیای پاشاش بەدزییەوە سوێندی بۆ یەرمیا خوارد و گوتی: «بە یەزدانی زیندوو کە ژیانی بە ئێمە بەخشیوە، نە دەتکوژم و نە دەتدەمە دەست ئەوانەی دەیانەوێ بتکوژن.»

[١٧]ئینجا یەرمیا بە سدقیای گوت: «یەزدان، خودای سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ”ئەگەر خۆت ڕادەستی سەرکردەکانی پاشای بابل بکەیت، ئەوا گیانت بە زیندوویتی دەمێنێتەوە و ئەم شارەش بە ئاگر ناسووتێت، خۆت و خێزانەکەشت بە زیندوویتی دەمێننەوە. [١٨]بەڵام ئەگەر خۆت ڕادەستی سەرکردەکانی پاشای بابل نەکەیت، ئەوا ئەم شارە دەکەوێتە دەست بابلییەکان و بە ئاگر دەیسووتێنن، تۆش لە دەستیان دەرباز نابیت.“»

[١٩]سدقیای پاشا بە یەرمیای گوت: «من لەو جولەکانە دەترسم کە چوونەتە پاڵ بابلییەکانەوە، نەوەك بابلییەکان بمدەنە دەست ئەوان، ئەوانیش سووکایەتیم پێ بکەن.»

[٢٠]یەرمیاش گوتی: «ناتدەنە دەست ئەوان. گوێڕایەڵی فەرموودەی یەزدان بە کە من پێت ڕادەگەیەنم. ئینجا چاکەت بۆ دەبێت و ژیانت دەرباز دەبێت. [٢١]ئەگەر ڕازیش نیت خۆت ڕادەست بکەیت، ئەوا ئەمە ئەو پەیامەیە کە یەزدان پیشانی دام. [٢٢]ئەوەتا هەموو ئەو ژنانەی لە کۆشکی پاشای یەهودا ماونەتەوە، بۆ سەرکردەکانی پاشای بابل دەبردرێن. ئەو ژنانە پێت دەڵێن:

«”ئەوانەی دۆستی تۆ بوون
فریویان دایت و زاڵ بوون بەسەرت.
کاتێك پێیەکانت لەناو زەلکاو چەقین
بەجێیان هێشتیت.“

[٢٣]«هەموو ژنەکانت و منداڵەکانیشت بۆ بابلییەکان دەبردرێن. تۆش لە دەستیان دەرباز نابیت، بەڵکو بە دەستی پاشای بابل دەگیرێیت، ئەم شارەش بە ئاگر دەسووتێت.»

[٢٤]سدقیاش بە یەرمیای گوت: «با کەس ئەم قسانە نەزانێت، نەوەك بمریت. [٢٥]ئەگەر پیاوە گەورەکان بیستیان من قسەم لەگەڵ تۆ کردووە، هاتنە لات و گوتیان: ”پێمان بڵێ چیت بە پاشا گوت و پاشا چی بە تۆ گوت، لێمان مەشارەوە، ئەگەر نا دەتکوژین،“

[٢٦]تۆش پێیان بڵێ: ”لە پاشا پاڕامەوە تاوەکو نەمگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی یۆناتان و لەوێ نەمرم.“»
[٢٧]جا هەموو پیاوە گەورەکان بۆ لای یەرمیا هاتن و لێیان پرسی، ئەویش بەگوێرەی هەموو ئەو قسانەی پاشا فەرمانی پێی کرد، وەڵامی دانەوە. ئیتر ئەوانیش لێی بێدەنگ بوون، چونکە کەس قسەکردنی ئەوی لەگەڵ پاشا نەبیست.
[٢٨]ئیتر یەرمیا هەتا ئەو ڕۆژەی ئۆرشەلیم گیرا لە حەوشەی پاسەوانەکان مایەوە.

## داگیرکردنی ئۆرشەلیم

٣٩ لە مانگی دەی ساڵی نۆیەمی سدقیای پاشای یەهودا، نەبوخودنەسری پاشای بابل هەموو سوپاکەی بەرەو ئۆرشەلیم جوڵاند و گەمارۆی دا. [٢]لە نۆی مانگی چواری ساڵی یازدەیەمی سدقیا شوورای شارەکە شکێنرا. [٣]جا هەموو سەرکردەکانی پاشای بابل هاتن و لە دەروازەکەی ناوەڕاست دانیشتن: نێرگەل‌سەرئەچەری سمەگەری، نەبۆسەرسەخیم کە سەرۆکی دیوان بوو، نێرگەل‌سەرئەچەر کە سەرۆکی مۆغەکان بوو، لەگەڵ پاشماوەی سەرکردەکانی پاشای بابل. [٤]کاتێك کە سدقیای پاشای یەهودا و هەموو جەنگاوەرەکان ئەوانیان بینی، هەڵاتن و بە شەو بە ڕێگای باخچەی پاشادا بە دەروازەکەی نێوان دوو شووراکەدا شارەکەیان بەجێهێشت، بەرەو دەشتایی عەراڤا[a] ڕۆیشتن.
[٥]بەڵام سوپای بابلییەکان بەدوایان کەوتن، لە دەشتی ئەریحا گەیشتنە سدقیا. گرتیان و هێنایان بۆ لای نەبوخودنەسری پاشای بابل لە ڕیڤلە، لە خاکی حەمات، ئەویش دادگایی کرد. [٦]هەر لە ڕیڤلە پاشای بابل کوڕەکانی سدقیای لەبەرچاوی باوکیان کوشت، ئینجا هەموو پیاوماقوڵانی یەهوداشی لەناوبرد. [٧]پاشان هەردوو چاوی سدقیای دەرهێنا، بە زنجیری بڕۆنز کۆتی کرد بۆ ئەوەی بیباتە بابل.
[٨]هەروەها بابلییەکان کۆشکی پاشا و ماڵەکانی خەڵکیان سووتاند، شووراکانی ئۆرشەلیمیان ڕووخاند. [٩]ئەو پاشماوەیەی خەڵکی کە لە شارەکە مابوونەوە و ئەوانەی چووبوونە پاڵی و پەنایان بردبووە بەر پاشای بابل، نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن بۆ بابل. [١٠]بەڵام هەندێك لەو خەڵکە هەژارەی هیچیان نەبوو، نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە خاکی یەهودا بەجێی هێشتن، هەر لەو کاتەدا ڕەز و کێڵگەی پێدان.
[١١]نەبوخودنەسری پاشای بابل لەبارەی یەرمیاوە فەرمانی بە نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا کرد: [١٢]«بیبە و با چاوت لەسەری بێت، زیانی پێ مەگەیەنە، بەڵکو ئەوەی داوای دەکات بۆی بکە.» [١٣]نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا، نەبوشەزبانی سەرۆکی دیوان، نێرگەل‌سەرئەچەری سەرۆکی مۆغەکان، لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی پاشای بابل [١٤]ناردیان و یەرمیایان لە حەوشەی پاسەوانەکان دەرهێنا، دایانە دەست گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافان، بۆ ئەوەی بیباتە ماڵەوە، ئیتر لەنێو خەڵکەکەی مایەوە.
[١٥]کاتێك یەرمیا لە حەوشەی پاسەوانەکان گیرابوو، فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، پێی فەرموو: [١٦]«بڕۆ و بە عەبەدمەلەخی کوشی بڵێ: ”یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل، ئەمە دەفەرموێت: هەموو ئەوەی سەبارەت بەو شارە فەرمووم خەریکم پەیڕەوی دەکەم، بۆ خراپە نەك چاکەی، لەو کاتەدا لەبەرچاوت جێبەجێ دەکرێت. [١٧]بەڵام لەو ڕۆژەدا تۆ ڕزگار دەکەم و نادرێیتە دەست ئەوانەی لێیان دەترسیت. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. [١٨]بێگومان دەربازت دەکەم، بە شمشێر ناکوژرێیت و ژیانت ڕزگار دەبێت، چونکە پشتت بە من بەست. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.“»

## بەڕەڵاکردنی یەرمیا

٤٠ ئەو پەیامەی لەلایەن یەزدانەوە بۆ یەرمیا هات، پاش ئەوەی نەبوزەرەدانی

---

[a] ٤ عەراڤا شیوێك بووە لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

فەرماندەی پاسەوانانی پاشا لە ڕامە یەرمیای بەڕەڵا
کرد، کە بینیبووی یەرمیا بە زنجیر بەند کراوە و لەنێو
هەموو ڕاپێچکراوەکانی ئۆرشەلیم و یەهودایە کە
بۆ بابل ڕاپێچ کراون. ٢فەرماندەی پاسەوانانی پاشا
یەرمیای برد و پێی گوت: «یەزدانی پەروەردگارت
سەبارەت بەم شوێنە ئەم بەڵایەی فەرموو. ٣ئێستاش
یەزدان ئەنجامی دا، هەروەك فەرمووی کردی. هەموو
ئەو شتانەتان لەبەر ئەوە بەسەرهات گوناهتان کرد
لە دژی یەزدان و گوێڕایەڵی نەبوون. ٤ئەمڕۆ من
ئازادت دەکەم لەو سندمانەی بەدەستتەوەیە. جا
ئەگەر پێت باشە لەگەڵم بێیتە بابل، وەرە و منیش
چاوم لێت دەبێت. بەڵام ئەگەر حەز ناکەیت، مەیێ.
تەماشا بکە، هەموو خاکەکە لەبەردەمتە، جا کوێت
پێ باشە و بۆت دەگونجێ، بڕۆ ئەوێ.» ٥بەڵام بەر
لە گەڕانەوەی یەرمیا، نەبوزەرەدان گوتی: «بگەڕێوە
لای گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافان،
ئەوەی پاشای بابل بەسەر شارۆچکەکانی یەهوداوە
دایناوە، لەنێو خەڵکەکە لەلای ئەو بمێنەوە، یانیش
هەرکوێیەك پێت باشە و بۆت دەگونجێ بڕۆ ئەوێ.»
پاشان فەرماندەی پاسەوانانی پاشا توێشو و
دیارییەکی پێیدا و بەڕەڵای کرد. ٦یەرمیاش هاتە لای
گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقام لە میچپا و لەلای ئەو
مایەوە، لەناو ئەو خەڵکەی لە خاکەکەدا مابوونەوە.

## کوشتنی گەدەلیاهو

٧کاتێك هەموو سەرلەشکرەکان، ئەوانەی لەناو
کێڵگەکان بوون، خۆیان و پیاوەکانیان بیستیان کە
پاشای بابل گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقامی کردووە
بە فەرمانڕەوای خاکەکە و سەرپەرشتیاری ژن و
پیاو و منداڵان، ئەو هەژارانەی خاکەکە کە بۆ بابل
ڕاپێچ نەکراون، ٨هاتنە میچپا بۆ لای گەدەلیاهو.
ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ، یۆحانان و یۆناتانی
کوڕانی قارێیەح، سەرایای کوڕی تەنحومەت،
کوڕەکانی عێفەیی نەتۆفاتی و یازەنیاهوی کوڕی
مەعکاتی، خۆیان و پیاوەکانیان. ٩گەدەلیاهوی
کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافانیش سوێندی بۆ ئەوان
و پیاوەکانیان خوارد، پێی گوتن: «مەترسن لەوەی
خزمەتی بابلییەکان بکەن. لە خاکەکە نیشتەجێ
بن و خزمەتی پاشای بابل بکەن، ئەوەی باشە بۆتان
دەبێت. ١٠منیش لە میچپا دادەنیشم، بۆ ئەوەی
لەبەردەم ئەو بابلییانە نوێنەرایەتی ئێوە بکەم کە
دێنە لامان. بەڵام ئێوە شەراب و هەنجیر و زەیت
کۆبکەنەوە، بیخەنە ناو کوڵەبارەکانتانەوە، لەو
شارۆچکانەی گرتووتانە نیشتەجێ بن.»
١١کاتێك هەموو ئەو جولەکانەی لە مۆئاب و
لەنێو عەمۆنییەکان و لە ئەدۆم و ئەوانەی لە هەموو
خاکەکانی دیکە بوون، بیستیان کە پاشای بابل
پاشماوەی بۆ یەهودا هێشتووەتەوە، گەدەلیاهوی
کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافانی کردووە بە
فەرمانڕەوایان، ١٢هەموو جولەکەکان لە هەموو ئەو
شوێنانەی پەرتەوازە بوون بۆی گەڕانەوە، هاتنەوە
خاکی یەهودا، بۆ لای گەدەلیاهو لە میچپا. شەراب و
هەنجیرێکی گەلێك زۆریان کۆکردەوە.
١٣ئینجا یۆحانانی کوڕی قارێیەح و هەموو
سەرلەشکرەکان کە لە کێڵگەکان بوون هاتنە میچپا
بۆ لای گەدەلیاهو، ١٤پێیان گوت: «ئایا تۆ نازانیت
کە بەعلیسی پاشای عەمۆنییەکان، ئیسماعیلی
کوڕی نەتەنیاهۆی ناردووە تۆ بکوژێت؟» بەڵام
گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقام باوەڕی پێ نەکردن.
١٥ئینجا یۆحانانی کوڕی قارێیەح بەدزییەوە
لە میچپا قسەی لەگەڵ گەدەلیاهو کرد و گوتی:
«ڕێم بدە بچم ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ بکوژم،
بێ ئەوەی هیچ کەس پێی بزانێت. بۆچی ئەو تۆ
بکوژێت، هەموو ئەو جولەکانەی لە دەوری تۆ
کۆبوونەتەوە پەرتەوازە بن و پاشماوەی یەهودا
لەناوبچێت؟»
١٦بەڵام گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقام بە یۆحانانی
کوڕی قارێیەحی گوت: «ئەم شتە مەکە، چونکە
ئەوەی تۆ سەبارەت بە ئیسماعیل دەیڵێیت ڕاست
نییە.»

٤١ لە مانگی حەوت ئیسماعیلی کوڕی
نەتەنیاهۆی کوڕی ئەلیشاماع کە لە

ڕەچەڵەکی شاهانە بوو، یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی
پاشا، لەگەڵ دە پیاو هاتنە میچپا بۆ لای گەدەلیاهوی
کوڕی ئەحیقام. کاتێك پێکەوە نانیان دەخوارد،
٢ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ لەگەڵ ئەو دە پیاوەی
لەگەڵی بوون هەستان و بە شمشێر لە گەدەلیاهوی
کوڕی ئەحیقامی کوڕی شافانیان دا و کوشتیان،
ئەوەی پاشای بابل کردبوو بە فەرمانڕەوای خاکەکە.
٣هەروەها ئیسماعیل هەموو ئەو جولەکانەشی
کوشت کە لە میچپا لەگەڵ گەدەلیاهو بوون،
هەروەها ئەو سەربازە بابلییانەشی کوشت کە لەو
ناوە بوون.

٤لە ڕۆژی پاش کوشتنی گەدەلیاهو، بەر لەوەی
کەس پێی بزانێت، ٥هەندێك پیاو لە شەخەم و
شیلۆ و سامیرەوە هاتن، هەشتا پیاوی ڕیش تاشراو
و جل دادڕاو، لەشی خۆیان بریندار کردبوو، هاتن
و پێشکەشراوی دانەوێڵە و بخووری سادەیان
بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی بیبەنە ناو ماڵی یەزدان.
٦ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆش لە میچپا هاتە
دەرەوە تاکو پێشوازییان لێ بکات، دەڕۆیشت
و دەگریا. کە پێیان گەیشت پێی گوتن: «وەرن بۆ
لای گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقام.» ٧کاتێك گەیشتنە
ناوەڕاستی شارەکە، ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ
لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لەگەڵی بوون، ئەوانیان
کوشت و فڕێیان دانە ناو ئەمباراوێك. ٨بەڵام دە
پیاویان تێدابوو گوتیان: «مەمانکوژە، گەنم و
جۆ و زەیت و هەنگوینمان هەیە و لە کێڵگەدا
شاردراوەتەوە.» جا ئیسماعیل دەستی گێڕایەوە
و لەگەڵ براکانیان نەیکوشتن. ٩ئەو ئەمباراوەی
ئیسماعیل لاشەی هەموو ئەو پیاوانەی فڕێدا ناوی
کە بەهۆی گەدەلیاهوەوە کوشتبوونی، ئەو ئەمباراوە
بوو کە ئاسا پاشا بۆ بەرگری لە دژی بەعشای پاشای
ئیسرائیل دروستی کردبوو، جا ئیسماعیلی کوڕی
نەتەنیاهۆ بە کوژراوان پڕی کردەوە.

١٠پاشان ئیسماعیل، هەموو پاشماوەی گەل کە لە
میچپا بوون ڕاپێچی کردن، کچەکانی پاشا و هەموو
ئەو خەڵکەی لەوێ مانەوە، ئەوانەی نەبوزەرەدانی
فەرماندەی پاسەوانانی پاشا، گەدەلیاهوی کوڕی
ئەحیقامی بە سەرپەرشتیار بەسەریانەوە دانا.
ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ ڕاپێچی کردن و
ڕۆیشت، هەتا بۆ لای عەمۆنییەکان بپەڕێتەوە.
١١کاتێك یۆحانانی کوڕی قارێیەح و هەموو ئەو
سەرلەشکرانەی لەگەڵی بوون، ئەو خراپانەیان
بیستەوە کە ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ کردبووی،
١٢هەموو پیاوەکانیان برد و چوون بۆ شەڕکردن
لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ، لەلای گۆمەکەی
گبعۆن تووشی بوون. ١٣ئەو ڕاپێچکراوانەی لەگەڵ
ئیسماعیل بوون دڵشاد بوون کاتێك یۆحانانی کوڕی
قارێیەحیان لەگەڵ هەموو سەرلەشکرەکان بینی کە
لەگەڵی بوون، ١٤جا هەموو ئەو گەلەی ئیسماعیل لە
میچپاوە ڕاپێچی کردبوون گەڕانەوە و چوون بۆ لای
یۆحانانی کوڕی قارێیەح. ١٥بەڵام ئیسماعیلی کوڕی
نەتەنیاهۆ، بە هەشت پیاوەوە لە یۆحانان دەرباز
بوون و چوونە لای عەمۆنییەکان.

## هەڵاتن بۆ میسر

١٦ئینجا یۆحانانی کوڕی قارێیەح و هەموو
سەرلەشکرەکان کە لەگەڵی بوون، هەموو پاشماوەی
گەلیان لە میچپا بردەوە، ئەوانەی لە ئیسماعیلی
کوڕی نەتەنیاهۆ وەریانگرتنەوە، دوای ئەوەی
ئیسماعیل گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقامی کوشتبوو،
جەنگاوەرە بەتواناکان و ژن و منداڵ و کاربەدەستان
بوون کە لەلای گبعۆن وەریانگرتبوونەوە. ١٧جا چوون
و لە گێروت کیمهام، ئەوەی لەتەنیشت بێتلەحمە،
نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوەی بڕۆن و بچنە ناو
میسرەوە، ١٨دوور لە بابلییەکان. لێیان دەترسان لەبەر
ئەوەی ئیسماعیلی کوڕی نەتەنیاهۆ، گەدەلیاهوی
کوڕی ئەحیقامی کوشتبوو، ئەوەی پاشای بابل
کردبوو بە فەرمانڕەوای خاکەکە.

٤٢ ئینجا هەموو سەرلەشکرەکان و یۆحانانی
کوڕی قارێیەح و یەزەنیای کوڕی هۆشەعیا
و هەموو گەل لە بچووکەوە هەتا گەورە هاتنە پێش
و ٢بە یەرمیای پێغەمبەریان گوت: «تکایە! گوێ

لە پاڕانەوەمان بگرە و نوێژمان بۆ بکە بۆ یەزدانی
پەروەردگارت لە پێناو هەموو ئەمانەی ماونەتەوە.
هەروەك دەبینی، چونکە پێشتر زۆر بووین و ئێستا
کەم ماوینەتەوە. [٣]بەڵکو یەزدانی پەروەردگارت
پێمان بڵێت، بە کام ڕێگادا بڕۆین و چی بکەین.»
[٤]یەرمیای پێغەمبەریش وەڵامی دانەوە: «گوێم
لێتان بوو، من وەك قسەکەی خۆتان داوا لە یەزدانی
پەروەردگارتان دەکەم، جا یەزدان هەرچی فەرموو
پێتانی ڕادەگەیەنم، هیچتان لێ ناشارمەوە.»
[٥]ئەوانیش بە یەرمیایان گوت: «با یەزدان
لەنێوانمان شایەتێکی ڕاست و دڵسۆز بێت، ئەگەر
ئێمە هەموو فەرمایشتەکەی یەزدانی پەروەردگارت
کە بە تۆدا بۆمان دەنێرێت، ئاوا نەکەین. [٦]چاك بێت
یان خراپ، ئێمە گوێ لە یەزدانی پەروەردگارمان
دەگرین، ئەوەی ئێمە دەتنێرین بۆ لای، چونکە
ئەگەر گوێ لە یەزدانی پەروەردگارمان بگرین،
چاکەمان لەگەڵ دەکات.»
[٧]ئەوە بوو دوای دە ڕۆژ، فەرمایشتی یەزدان بۆ
یەرمیا هات. [٨]ئەویش یۆحانانی کوڕی قارێیەح و
هەموو ئەو سەرلەشکرانەی کە لەگەڵی بوون و
هەموو گەل لە بچووکەوە هەتا گەورەی بانگکرد،
[٩]پێی گوتن: «یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئەوەی
ئێوە منتان بۆ لای نارد بۆ ئەوەی پاڕانەوەکەتان
بخەمە بەردەمی، ئەمە دەفەرموێت: [١٠]”ئەگەر
لەم خاکە نیشتەجێ بن، من بنیادتان دەنێم و
ناتانڕووخێنم، دەتانچێنم و ڕیشەکێشتان ناکەم،
چونکە پاشگەز بوومەوە لەو بەڵایەی بەسەرم هێنان.
[١١]هەروەها یەزدان دەفەرموێت: لە پاشای بابل
مەترسن، ئەوەی ئێستا لێی دەترسن. لێی مەترسن،
چونکە من لەگەڵتانم بۆ ئەوەی ڕزگارتان بکەم و
لە دەستی ئەو فریاتان بکەوم. [١٢]جا بەزەییم پێتاندا
دێتەوە، بۆ ئەوەی پاشای بابل بەزەیی پێتاندا بێتەوە
و بۆ خاکەکەی خۆتان بتانگەڕێنێتەوە.“
[١٣]«بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن: ”لەم خاکە نیشتەجێ
نابین“ و گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان نەبن،
[١٤]بەڵکو بڵێن: ”نا! ئێمە دەچینە خاکی میسر و
لەوێ نیشتەجێ دەبین، لەوێ شەڕ نابینین و
دەنگی کەڕەنا نابیستین و برسی نان نابین،“ [١٥]ئەی
پاشماوەی یەهودا، ئێستا گوێ لە فەرمایشتی یەزدان
بگرن. یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە
دەفەرموێت: ”ئەگەر مکوڕ بن لەسەر ئەوەی بچنە
میسر و چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون، [١٦]ئەوا ئەو
شمشێرەی ئێوە لێی دەترسن لەوێ پێتان دەگات،
ئەو قاتوقڕییەی ئێوە لێی دەترسن بۆ میسر دواتان
دەکەوێت، لەوێ دەمرن. [١٧]جا هەموو ئەو پیاوانەی
سوور بوون لە چوونە میسر بۆ ئەوەی لەوێ
نیشتەجێ بن، لەوێ بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد
لەناودەچن، کەسیان نامێنێتەوە و دەرباز نابن لەو
بەڵایەی من بەسەریان دەهێنم.“ [١٨]چونکە یەزدانی
سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت:
”وەك چۆن تووڕەیی و هەڵچوونم بەسەر
دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا ڕژا، ئاواش هەڵچوونم
بەسەرتاندا دەڕژێت کاتێك بچن بۆ میسر، جا دەبنە
مایەی نەفرەت لێکردن و تۆقین، سووکایەتی و
ڕیسوایی، هەرگیز ئەم شوێنە نابیننەوە.“
[١٩]«ئەی پاشماوەی یەهودا، یەزدان سەبارەت
بە ئێوە فەرمووی: ”مەچنە ناو میسرەوە.“ باش
بزانن کە من ئەمڕۆ ئاگادارم کردنەوە، [٢٠]چونکە
ئێوە هەڵەیەکی ترسناکتان کرد کاتێك منتان بۆ لای
یەزدانی پەروەردگارتان نارد و گوتتان: ”نوێژمان بۆ
بکە بۆ یەزدانی پەروەردگارمان، یەزدانی خودامان
هەرچی بفەرموێت، ئەوەمان پێ ڕابگەیەنەوە و
دەیکەین.“ [٢١]ئەوا من ئەمڕۆ بە ئێوەم ڕاگەیاند،
بەڵام ئێوە گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان نەبوون
لە هەموو ئەوەی منی پێ ڕاسپارد پێتان بڵێم. [٢٢]جا
ئێستا باش بزانن کە لەو شوێنەی دەتانەوێ بۆی بچن
و لێی نیشتەجێ بن لەوێ بە شمشێر و قاتوقڕی و
دەرد لەناودەچن.»

## ٤٣

یەرمیا هەموو فەرمایشتەکانی یەزدانی
پەروەردگاریانی بە هەموو گەل ڕاگەیاند
کە یەزدان پێی ڕایسپاردبوو. کاتێك تەواو بوو،
[٢]عەزەریای کوڕی هۆشەعیا و یۆحانانی کوڕی

قارێیەح و هەموو پیاوە لووتبەرزەکان قسەیان
لەگەڵ یەرمیا کرد و گوتیان: «تۆ درۆ دەکەیت!
یەزدانی پەروەردگارمان تۆی نەناردووە هەتا بڵێت:
”مەچنە میسر بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێ بن.“
[٣]بەڵکو باروخی کوڕی نێرییا تۆی لە ئێمە هانداوە
تاوەکو بماندەیتە دەست بابلییەکان، بۆ ئەوەی
بمانکوژن یان بۆ بابل ڕاپێچمان بکەن.»
[٤]ئیتر یۆحانانی کوڕی قارێیەح و هەموو
سەرلەشکرەکان و هەموو گەل کەسیان گوێڕایەڵی
یەزدان نەبوون هەتا لە خاکی یەهودا ئۆقرە
بگرن. [٥]بەڵکو یۆحانانی کوڕی قارێیەح و هەموو
سەرلەشکرەکان، هەموو پاشماوەی یەهودایان
برد، ئەوانەی لەناو ئەو نەتەوانەوە گەڕابوونەوە
کە پەرتەوازە ببوون بۆ لایان، بۆ ئەوەی لە خاکی
یەهودا بژین. [٦]پیاو و ژن و منداڵ و کچەکانی پاشا
و هەموو ئەوانەیان برد کە نەبوزەرەدانی فەرماندەی
پاسەوانانی پاشا لەلای گەدەلیاهوی کوڕی ئەحیقام
کوڕی شافان بەجێی هێشتبوون. هەروەها یەرمیای
پێغەمبەر و باروخی کوڕی نێرییاش لەگەڵیان بوون.
[٧]جا چوونە ناو خاکی میسر، گوێڕایەڵی یەزدان
نەبوون و هەتا تەحپەنحێس چوون.
[٨]ئینجا لە تەحپەنحێس فەرمایشتی یەزدان
بۆ یەرمیا هات، پێی فەرموو: [٩]«لەگەڵ دەستت
هەندێك بەردی گەورە ببە و لەبەرچاوی پیاوانی
یەهودا، بیانخە ژێر قوڕەوە، لەو بەردڕێژەی لە
بەردەرگای کۆشکی فیرعەونە لە تەحپەنحێس.
[١٠]پێیان بڵێ: ”یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل
ئەمە دەفەرموێت: من دەنێرم و نەبوخودنەسری
پاشای بابل، خزمەتکارەکەم، دەهێنم و تەختەکەی
لەسەر ئەم بەردانە دادەنێم کە چەقاندم، ئەویش
چەتری تەختەکەی بەسەردا هەڵدەدات. [١١]جا دێت
و لە خاکی میسر دەدات، ئەوەی بۆ مردنە بۆ مردن،
ئەوەی بۆ دیلییەتیە بۆ دیلییەتی، ئەوەی بۆ شمشێرە
بۆ شمشێر. [١٢]ئینجا ئاگر بەردەداتە پەرستگاکانی
خوداوەندەکانی میسر، پەرستگاکان دەسووتێنێت
و خوداوەندەکانیان ڕاپێچ دەکات. خاکی میسر
لە خۆی دەپێچێتەوە، وەك چۆن شوان کەواکەی
لە خۆی دەپێچێتەوە، ئینجا لەوێوە بە سەلامەتی
دەردەچێت. [١٣]کۆڵەکەکانی پەرستگای خۆر لە خاکی
میسر دەشکێنێت، پەرستگاکانی خوداوەندەکانی
میسر بە ئاگر دەسووتێنێت.“»

## لێقەومان بەهۆی بتپەرستی

٤٤ ئەو پەیامەی بۆ یەرمیا هات سەبارەت بە
هەموو ئەو جولەکانەی لە خاکی میسر
نیشتەجێ بوون، لە مگدۆل و لە تەحپەنحێس و لە
مەمفیس و لە پاشایەتی باشووری میسر: [٢]«یەزدانی
سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ئێوە
هەموو ئەو بەڵایەتان بینی کە بەسەر ئۆرشەلیم و
هەموو شارۆچکەکانی یەهودام هێنا. ئەمڕۆ وێرانە
و ئاوەدانی تێدا نییە، [٣]لەبەر ئەو خراپانەی کردیان.
پەستیان کردم بە بخوور سووتاندن و پەرستنیان
بۆ خوداکانی دیکە، ئەو خودایانەی نە ئەوان
ناسیوویانن و نە ئێوە و نە باوباپیرانتان. [٤]منیش بە
بەردەوامی هەموو بەندە پێغەمبەرەکانی خۆمم بۆ
ناردن، فەرمووم: ”تکایە! ئەم کارە قێزەونە مەکەن کە
من ڕقم لێیەتی.“ [٥]بەڵام نە گوێیان گرت و نە گوێیان
شل کرد بۆ ئەوەی لە خراپەکەیان بگەڕێنەوە یان لە
بخوور سووتاندن بۆ خوداکانی دیکە بوەستن. [٦]جا
هەڵچوون و تووڕەییم ڕژا، لە شارۆچکەکانی یەهودا
و لە شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا گڕی گرت، وەك ئەمڕۆ
وێران بوو و بووە چۆڵەوانی.
[٧]«ئێستاش یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار،
خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بۆچی ئێوە
بەڵایەکی گەورە بەسەر خۆتان دەهێنن، بە
قڕبوونتان لەناوەڕاستی یەهودا بە پیاو و ژن، بە
منداڵ و شیرەخۆرەوە، ئیتر هیچ پاشماوەیەکتان لێ
نامێنێتەوە؟ [٨]بۆچی بە کردەوەکانی دەستتان پەستم
دەکەن کاتێك لە خاکی میسر بخوور بۆ خوداکانی
دیکە دەسووتێنن، کە ئێوە بۆی هاتوون تاوەکو
لەوێ ئاوارە بن؟ خۆتان قڕ دەکەن و دەبنە نەفرەت
و ڕیسوایی لەنێو هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی.

٩ئایا خراپەکانی باوباپیرانتان و خراپەکانی پاشاکان و
شاژنەکانی یەهودا و خراپەکانی خۆتان و ژنەکانتان
لەیادچوو، ئەوەی لە خاکی یەهودا و شەقامەکانی
ئۆرشەلیم کران؟ ١٠هەتا ئەمڕۆش نە زەلیل بوون و
نە لە من ترسان و نە ڕێگای فێرکردن و فەرزەکانی
منتان گرتەبەر، ئەوەی لەبەردەم ئێوە و لەبەردەم
باوباپیرانتان دامناوە.

١١«لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار، خودای
ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: ئەوەتا من مکوڕ
دەبم لەسەر ئەوەی بەڵاتان بەسەربهێنم و هەموو
یەهودا قڕ بکەم. ١٢پاشماوەی یەهوداش دەبەم،
ئەوانەی سوور بوون بچنە خاکی میسر هەتا
لەوێ نیشتەجێ بن. هەموویان لە خاکی میسر
لەناودەچن، بە شمشێر دەکوژرێن و بە قاتوقڕی
دەمرن. لە بچووکەوە هەتا گەورە بە شمشێر و
قاتوقڕی لەناودەچن و دەبنە مایەی نەفرەت لێکردن
و تۆقین، سووکایەتی و ڕیسوایی. ١٣هەروەها سزای
ئەوانەش دەدەم کە لە خاکی میسر نیشتەجێن، وەک
چۆن بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد سزای ئۆرشەلیمم
دا. ١٤پاشماوەکەی یەهودا، ئەوانەی هاتوون بۆ
ئەوەی لە خاکی میسر لە ئاوارەیی بکەون، ئەوانەی
تامەزرۆی گەڕانەوەن بۆ نیشتەجێبوون تێیدا،
نە پاشماوە و نە دەربازبوویان نابێت بۆ ئەوەی
بگەڕێنەوە بۆ خاکی یەهودا. کەسیان لێ ناگەڕێتەوە،
جگە لە کەمینەیەکی دەربازبوو.»

١٥ئینجا هەموو ئەو پیاوانەی کە دەیانزانی
ژنەکانیان بخوور بۆ خوداکانی دیکە دەسووتێنن،
هەروەها هەموو ئەو ژنانەی ڕاوەستابوون،
کۆمەڵێکی گەورە بوون، هەموو ئەو خەڵکەی
لە پاشایەتی باکوور و پاشایەتی باشووری میسر
نیشتەجێن، وەڵامی یەرمیایان دایەوە و گوتیان:
١٦«ئێمە گوێ لەم پەیامە ناگرین کە بە ناوی
یەزدانەوە بە ئێمەت گوت. ١٧بەڵکو هەر شتێک لە
دەمی خۆمانەوە هاتووەتە دەرەوە، ئەوە دەکەین:
بخوور بۆ شاژنی ئاسمان دەسووتێنین و شەرابی
پێشکەشکراو پێشکەش دەکەین، وەک چۆن خۆمان
و باوباپیرانمان و پاشاکانمان و پیاوە گەورەکانمان
لە شارۆچکەکانی یەهودا و شەقامەکانی ئۆرشەلیم
ئەنجاممان داوە. ئەو کاتە تێر نان بووین و لە
خۆشیدا بووین و خراپەمان نەبینی. ١٨بەڵام لەو
کاتەوەی وازمان لە بخوور سووتاندن هێناوە
بۆ شاژنی ئاسمان و پێشکەشکردنی شەرابی
پێشکەشکراو بۆی، پێویستمان بە هەموو شتێکە و بە
شمشێر و قاتوقڕی لەناوچووین.»

١٩ژنەکانیش گوتیان: «ئێمە کاتێک کە بخوورمان بۆ
شاژنی ئاسمان دەسووتاند و شەرابی پێشکەشکراومان
پێشکەشی دەکرد، ئایا بەبێ ئاگاداری پیاوەکانمان
کولێرەمان بۆ دەکرد لەسەر وێنەی ئەو و شەرابی
پێشکەشکراومان پێشکەش دەکرد؟»

٢٠ئینجا یەرمیا بە هەموو خەڵکەکەی گوت، پیاو و
ژنەکان، بە هەموو ئەو خەڵکەی بەم قسەیە وەڵامیان
دایەوە: ٢١«ئایا یەزدان بیری لەو بخوورە نەکردەوە و
بەیادیدا نەهات کە لە شارۆچکەکانی یەهودا و لە
شەقامەکانی ئۆرشەلیم سووتاندتان، ئێوە و باوباپیر
و پاشا و میر و هەموو گەلی خاکەکە؟ ٢٢ئیتر یەزدان
لەبەر کردەوە خراپەکان و شتە قێزەونەکانتان کە
ئەنجامتان داوە زیاتر بەرگەی نەگرت، جا خاکەکەتان
بووە ڕووخاوی و وێرانە و نەفرەت و بێ ئاوەدانی،
وەک ئەمڕۆ. ٢٣لەبەر ئەوەی بخوورتان سووتاند و
گوناهتان کرد لە دژی یەزدان، گوێڕایەڵی یەزدان
نەبوون و ڕێگای فێرکردن و فەرز و یاساکانی ئەوتان
نەگرتەبەر، لەبەر ئەوە تووشی ئەم بەڵایە بوون،
وەک ئەمڕۆ.»

٢٤ئینجا یەرمیا بە هەموو گەل و بە تایبەتیش بە
هەموو ژنەکانی گوت: «ئەی هەموو خەڵکی یەهودا،
ئەوانەی کە لە خاکی میسرن، گوێ لە فەرمایشتی
یەزدان بگرن: ٢٥یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل
ئەمە دەفەرموێت: ئێوە و ژنەکانتان بە قسە بەڵێنتان
دا و بە ئەنجامتان گەیاند، گوتتان ”بێگومان ئێمە ئەو

نەزرانەمان[a] جێبەجێ دەکەین کە نەزرمان کردبوو
بۆ شاژنی ئاسمان، بخوور دەسووتێنین و شەرابی
پێشکەشکراوی پێشکەش دەکەین.“

«کەواتە فەرموون، بەڵێنەکانتان بهێننە دی
و نەزرەکانتان بپارێزن! ٢٦ بەڵام ئەی هەموو ئەو
خەڵکەکەی یەهودا کە لە میسر نیشتەجێن، گوێ لە
فەرمایشتی یەزدان بگرن: ”من بە ناوی مەزنی خۆم
سوێند دەخۆم، لەمەودوا کەس لە خەڵکی یەهودا لە
هەموو خاکی میسر ناوی من بەسەر زاریدا نایەت،
کە بڵێت: ’بە یەزدانی زیندووی باڵادەست.‘ ٢٧ ئەوەتا
من بۆ خراپە نەك بۆ چاکە چاودێرییان دەکەم، جا
هەموو پیاوانی یەهودا، ئەوانەی لە خاکی میسرن،
بە شمشێر دەکوژرێن و بە قاتوقڕی دەمرن، هەتا
ئەوەی کەسیان لێ نامێنێتەوە. ٢٨ ئەوانەش کە لە
شمشێر دەرباز دەبن لە خاکی میسرەوە دەگەڕێنەوە
بۆ خاکی یەهودا، خەڵکانێکی کەم دەبن. ئینجا
هەموو پاشماوەی یەهودا ئەوانەی هاتنە میسر تاکو
لەوێ بژین، دەزانن قسەی کێ سەردەگرێت، هی
من یان هی ئەوان.“»

٢٩ یەزدان دەفەرموێت: «”ئەمەش نیشانەیە بۆ
ئێوە، من لەم شوێنە سزاتان دەدەم، بۆ ئەوەی بزانن
هەر دەبێت قسەی من سەربگرێت کە لە دژی
ئێوەیە و بۆ خراپەیە.“ ٣٠ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
”ئەوەتا من حۆفرەعی فیرعەونی میسر دەدەمە
دەست دوژمنەکانی کە دەیانەوێ بیکوژن، وەك چۆن
سدقیای پاشای یەهودام دایە دەست نەبوخودنەسری
پاشای بابل، ئەو دوژمنەی دەیویست بیکوژێت.“»

## پەیامێك بۆ باروخ

٤٥ ئەو پەیامەی یەرمیای پێغەمبەر بە
باروخی کوڕی نێرییای گوت، لە ساڵی
چوارەمی یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا،
کاتێك ئەم وشانەی لە دەمی یەرمیاوە لە تۆمارێکدا
دەنووسییەوە: ٢ «ئەی باروخ! یەزدانی پەروەردگاری
ئیسرائیل سەبارەت بە تۆ ئەمە دەفەرموێت: ٣ تۆ
گوتت: ”قوڕبەسەرم! چونکە یەزدان سەرەڕای ئازارم
خەمیشی بۆ زیاد کردووم، لەناو ناڵاندنم لە هۆش
خۆم چووم و حەوانەوەم نەبوو.“»

٤ یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «ئەوەی پێ بڵێ:
”ئەوەتا من لە هەموو ئەم خاکەدا ئەوەی بنیادم
ناوە دەیڕووخێنم و ئەوەی چاندوومە ڕیشەکێشی
دەکەم. ٥ ئایا ئیتر تۆ داوای شتی گەورە بۆ خۆت
دەکەیت؟ داوا مەکە، چونکە ئەوەتا من خراپە
بەسەر هەموو خەڵکێکدا دەهێنم، بەڵام بۆ تۆ،
ژیانت دەرباز دەبێت لە هەموو ئەو شوێنانەی بۆی
دەچیت.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیامێك سەبارەت بە میسر

٤٦ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بۆ یەرمیای
پێغەمبەر سەبارەت بە نەتەوەکان:

٢ بۆ میسر:

سەبارەت بە سوپاکەی نەخو فیرعەون، پاشای
میسر، ئەوەی لەسەر ڕووباری فورات بوو لە
کەرکەمیش، کە نەبوخودنەسری پاشای بابل لە ساڵی
چوارەمی یەهۆیاقیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا
لێیدا:

٣ «سپەر و قەڵغان ئامادە بکەن،
پێشکەون بۆ جەنگ!
٤ ئەسپ زین بکەن،
ئەی سوارەکان، سەربکەون!
بە کڵاوی ئاسنینەوە لە ئامادەباشیدا بن!
ڕمەکان تیژ بکەن،
زرێیەکان[b] بپۆشن!
٥ چی دەبینم؟
ئەوان تۆقیون،
بەرەو پاش دەکشێنەوە،

[a] ٢٥ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

[b] ٤ زرێ: بەرگێکی کانزاییە کە لە کاتی شەڕ دەپۆشرێت.

پاڵەوانەکانیان بەزین.
بە پەلە هەڵاتن و
ئاوڕیشیان نەدایەوە،
لە هەموو لایەکەوە ترس و تۆقین هەیە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٦ «ئەوەی تیژڕەوە هەڵنایەت و
پاڵەوان دەرباز نابێت.
لە باکوور لەلای ڕووباری فورات
ساتمەیان کرد و کەوتن.

٧ «ئەمە کێیە وەک ڕووباری نیل هەڵدەستێتەوە،
وەک ئەو ڕووبارانەی ئاوەکەیان شەپۆل
دەدات؟
٨ میسرە وەک ڕووباری نیل هەڵدەستێتەوە،
وەک ئەو ڕووبارانەی ئاوەکەیان شەپۆل دەدات.
دەڵێت: ”هەڵدەستم و زەوی دادەپۆشم،
شار و دانیشتووانەکەی لەناو دەبەم.“
٩ ئەی ئەسپەکان، سەربکەون!
ئەی گالیسکەکان، سەرەڕۆ بن!
با پاڵەوانان بەرەو پێش بچن،
کوش و پووت قەڵغان بەدەستن،
لوودییەکان تیرەکانیان لە کەوانەکانیان
ڕادەکێشن.
١٠ بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی یەزدانە[a]، پەروەردگاری
سوپاسالار،
ڕۆژی تۆڵەیە، تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانی.
جا شمشێر دەخوات و تێر دەبێت،
لە خوێنیان تێر دەخواتەوە،
چونکە یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار، قوربانی
سەربڕاو پێشکەش دەکات
لە خاکی باکوور لەلای ڕووباری فورات.

١١ «سەربکەوە بۆ گلعاد و هەتووان بهێنە،
ئەی میسری کچە پاکیزە.
بەڵام بێهوودە داوودەرمان زۆر دەکەیت،
چاکبوونەوەت نییە.

١٢ نەتەوەکان سووکایەتی تۆیان بیستووە،
قیژەت دنیای پڕکردووە،
چونکە پاڵەوانێك ساتمە لە پاڵەوانێك دەکات،
هەردووکیان پێکەوە دەکەون.»

١٣ ئەمە ئەو پەیامەیە کە یەزدان بە یەرمیای پێغەمبەری ڕاگەیاند، لەبارەی هێرشکردنی نەبوخودنەسری پاشای بابل بۆ سەر خاکی میسر:

١٤ «ئەمە لە میسر ڕابگەیەنن، لە شاری مگدۆل
جاڕبدەن،
هەروەها لە مەمفیس و تەحپەنحێس، بڵێن:
”وریابە و لە ئامادەباشیدا بە،
چونکە شمشێر دەوروبەرت دەخوات.“
١٥ بۆچی تواناداره‌کانت بە زەویدا دران؟
نەوەستان، چونکە یەزدان ئەوانی خست.
١٦ بەردەوام ساتمە دەکەن،
بەسەر یەکتریدا دەکەون.
دەڵێن: ”هەستن با بگەڕێینەوە،
بۆ ناو گەلەکەمان و خاکی لەدایکبوونمان،
دوور لە شمشێری ستەمکاری.“
١٧ لەوێ هاواریان دەکرد:
”فیرعەونی پاشای میسر تەنها هاتوهەرای
هەیە،
دەرفەتی ئەو بەسەرچووا!“»

١٨ پاشا کە ناوی یەزدانی سوپاسالارە
دەفەرموێت: «بە گیانی خۆم،
کەسێك دێت وەك تاقۆرە لەنێو چیاکان،
وەك کارمەلە لەلای دەریاوە دێت.
١٩ ئەی دانیشتووانی میسر،
خۆتان کۆبکەنەوە بۆ ڕاپێچ،
چونکە مەمفیس وێران دەبێت،
دەبێتە چۆڵەوانییەکی بێ ئاوەدانی.

٢٠ «میسر مانگایەکی زێدە جوانە،
بەڵام مێشومەگەز لە باکوورە بۆی دێت.

[a] ١٠ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگارکردنی گەلی خودا.

٢١ هەروەها سەربازە بەکرێگیراوەکانت لە ڕیزەکانی
جەنگ،
وەک جوانەگای قەڵەون،
چونکە ئەوانیش ڕوو وەردەگێڕن،
تێکڕا هەڵدێن و ناوەستن،
چونکە ڕۆژی کارەسات گەیشتە سەریان،
کاتی سزادانیان.
٢٢ میسر وەک ماری هەڵاتوو فیشک دەدات،
چونکە دوژمنەکانی بە سوپاوە دێنە پێش،
هەروەک داربڕەکان
بە تەورەوە بۆی هاتن.
٢٣ دارستانەکەی دەبڕنەوە،
هەرچەندە زۆر چڕە،
چونکە لە کوللە زۆرترن،
لە ژمارە نایەن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٢٤ «دانیشتووانی میسر شەرمەزار دەبن،
درایە دەست گەلی باکوور.»

٢٥ یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل فەرمووی:
«من خەریکم سزا دەسەپێنم، لەسەر ئامۆنی خودای
تیب و فیرعەون، لەسەر میسر و خوداوەندەکان و
پاشاکانی، هەروەها لەسەر ئەوانەش کە پشتیان بە
فیرعەون بەستووە. ٢٦ دەیاندەمە دەست ئەوانەی
دەیانەوێت بیانکوژن، دەست نەبوخودنەسری پاشای
بابل و دەست خزمەتکارەکانی. پاش ئەمە میسر
وەک ڕۆژانی پێشتری ئاوەدان دەبێتەوە.» ئەمە
فەرمایشتی یەزدانە.

٢٧ «ئەی یاقوبی بەندەم، مەترسە،
ئەی ئیسرائیل، مەتۆقە.
بە دڵنیاییەوە من لەم شوێنە دوورە ڕزگارت
دەکەم،
نەوەکەشت لەو خاکەوەی بۆی ڕاپێچ کراوە.
یاقوب دەگەڕێتەوە و ئاسوودە دەبێت،
دڵنیا دەبێت و کەس نایتۆقێنێت.
٢٨ ئەی یاقوبی بەندەم، مەترسە،
چونکە من لەگەڵتدام.
هەرچەندە کۆتایی دەهێنم بە هەموو ئەو
نەتەوانەی
کە بۆ ناویان پەرتەوازەم کردیت،
بەڵام تۆ بە تەواوی لەناو نابەم.
لە سزا ناتبوورم،
بە دادپەروەری تەمبێت دەکەم.» ئەمە
فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیامێک سەبارەت بە فەلەستییەکان

٤٧ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بۆ یەرمیای
پێغەمبەر سەبارەت بە فەلەستییەکان، بەر
لەوەی فیرعەون پەلاماری غەزە بدات:

٢ یەزدان ئەوە دەفەرموێت:

«ئەوەتا ئاو لە باکوورەوە هەڵدەستێت و
دەبێتە لافاوێکی ڕاماڵ،
زەوی و هەرچی لەسەریەتی ڕایدەماڵێت،
شار و دانیشتووانەکەی.
خەڵکی هاوار دەکەن،
هەموو دانیشتووانی خاکەکە واوەیلا دەکەن
٣ لە دەنگی تەقەی سمی ئەسپە بە تواناکانی،
لە خڕەی گالیسکەکانی و
جیڕەی چەرخەکانی.
باوک ئاوڕ لە کوڕ ناداتەوە
لەبەر شلبوونی دەستەکانی.
٤ لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە هاتووە
بۆ تەفروتوناکردنی فەلەستییەکان و
بۆ بڕینەوەی هەموو پاشماوەیەک
کە بتوانن پشتگیری پاشایەتی سور و سەیدا
بکەن.
یەزدان خەریکە فەلەستییەکان تەفروتونا دەکات،
پاشماوەی کەناری کەفتۆر.
٥ خەڵکی غەزە لەبەر ماتەم سەریان دەتاشن،
ئەسقەلان کپ دەبێت.
ئەی پاشماوەی خەڵکی دۆڵەکان،

هەتا کەی لەشی خۆتان بریندار دەکەن؟

٦ «”ئای ئەی شمشێری یەزدان،
هەتا کەی پشوو نادەیت؟
بڕۆ ناو کێلانەکەتەوە[a] و
هێدی بە و کپ بە.“
٧ بەڵام چۆن پشوو دەدات
کە یەزدان فەرمانی پێکردبێت،
لە دژی ئەسقەلان و لە دژی کەناری دەریا،
لەوێ ئەرکی پێ سپارد؟»

## پەیامێك سەبارەت بە مۆئاب

٤٨ بۆ مۆئاب:

یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرمووێت:

«قوڕبەسەر نەبۆ، چونکە وێران دەبێت،
قیریاتەیم شەرمەزار دەبێت و دەگیرێت،
قەڵاکە شەرمەزار دەبێت و دەڕووخێت.
٢ شانازی مۆئاب نامێنێت،
لە حەشبۆن پیلانی خراپەیان لە دژی گێڕا،
”وەرن، با کۆتایی بەو نەتەوەیە بهێنین.“
هەروەها تۆش ئەی مەدمێن[b] کپ دەبیت،
شمشێر دوات دەکەوێت.
٣ گوێ لە دەنگی هاوار بگرن لە حۆرۆنایمەوە دێت،
هاواری لەناوچوون و وێرانبوونێکی گەورە.
٤ مۆئاب تێکدەشکێت،
بچووکەکانی هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە.
٥ سەردەکەون بۆ هەورازەکەی ڕێگای لوحیت،
بەدەم ڕێگاوە بەکوڵ دەگریێن،
لە ڕێگا نشێوەکەی بەرەو حۆرۆنایم
هاواری شکست دەبیسترێت.

٦ هەڵێن و خۆتان دەرباز بکەن!
ببن بە سەرو لە چۆڵەوانی.
٧ لەبەر پشتبەستنت بە کردار و گەنجینەکانت،
تۆش دەگیرێیت،
کەمۆش[c] ڕاپێچ دەکرێت،
کاهین و پیاوە گەورەکانی پێکەوە.
٨ وێرانکەر بۆ هەموو شارۆچکەکان دێت،
هیچ شارۆچکەیەك دەرباز نابێت.
دۆڵ لەناودەچێت،
دەشت وێران دەبێت،
وەك ئەوەی یەزدان فەرمووی.
٩ خوێ بەسەر خاکی مۆئابدا بکەن،
چونکە دەبێتە چۆڵەوانی.[d]
شارۆچکەکانی وێران دەبن،
بەبێ ئاوەدانی دەبن.

١٠ «نەفرەت لێکراوە ئەوەی بە تەوەزەلی کاری یەزدان دەکات!
نەفرەت لێکراوە ئەوەی شمشێرەکەی لە خوێنڕشتن ڕادەگرێت!

١١ «مۆئاب لە هەڕەتی گەنجییەوە دڵنیایە،
ڕاپێچیش نەکراوە،
وەك مەی بەسەر خڵتەکەیەوە مەنگە،
لە دەفرێکەوە بۆ دەفرێکی دیکە نەشڵەقاوە،
لەبەر ئەوە تامەکەی هەر ماوە و
بۆنیشی نەگۆڕاوە.
١٢ یەزدان دەفەرمووێت:
لەبەر ئەوە ڕۆژێك دێت،
بۆ تێکدانی ئەو کەسانەی بۆ دەنێرم کە لە ئەمباری مەی ئیش دەکەن،
ئەوان دەیڕێژن و
دەفرەکانی بەتاڵ دەکەن و
گۆزەکانی وردوخاش دەکەن.

[a] ٦ کالانەکەتەوە.

[b] ٢ ناوی شارۆچکەیەك بوو لە خاکی مۆئاب. لە زمانی عیبری وشەی مەدمێن لە ڕووی دەنگەوە لەگەڵ وشەی (کپ بە)ی عیبری نزیکە.

[c] ٧ خوداوەندی هەرە گەورەی مۆئابییەکان بوو. بڕوانە سەرژمێری ٢٩:٢١.

[d] ٩ یان: باڵ بدەن بە مۆئاب، بۆ ئەوەی هەڵفڕێت.

١٣ جا مۆئاب شەرمەزاری کەمۆش دەبێت،
هەروەك بنەماڵەی ئیسرائیل شەرمەزاری
بێتئێل بوون
کە پشتیان پێی بەستبوو.

١٤ «چۆن دەڵێن: "ئێمە پاڵەوانین و
پیاوی بەهێزین بۆ جەنگ"؟
١٥ مۆئاب تەفروتونا دەبێت، شارۆچکەکانی داگیر
دەکرێت،
باشترین لاوەکانی بۆ سەربڕین دادەبەزن.»
ئەمە فەرمایشتی پاشایە، ئەوەی ناوی یەزدانی
سوپاسالارە.
١٦ «لەناوچوونی مۆئاب نزیك بووەتەوە،
بەڵاکەی زۆر بە خێرایی دێت.
١٧ ئەی هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون، بۆی
بلاوێننەوە،
ئەی هەموو ئەوانەی ناوبانگی دەزانن،
بڵێن: "چۆن داردەستی بەهێز شکا،
شکۆ و دەسەڵاتی نەما!"

١٨ «لە شکۆمەندی خۆت وەرە خوارەوە و
لەسەر زەوی وشك دابنیشە،
ئەی دانیشتووانی شاری دیڤۆن،
چونکە تەفروتوناکەرەکەی مۆئاب
دێتە سەر ئێوە،
شارە قەڵابەندەکانی ئێوەی کاول دەکات.
١٩ ئەی دانیشتووانی شاری عەرۆعێر،
لەسەر ڕێگا بوەستن و بڕوانن.
لە پیاوی هەڵاتوو و ژنی دەربازبوو بپرسن،
بڵێن: "چی ڕوویدا؟"
٢٠ مۆئاب ئابڕووی چوو، چونکە شکێنرا.
واوەیلا بکە و هاوار بکە!
لەلای ڕووباری ئەرنۆنەوە ڕایبگەیەنن
کە مۆئاب تەفروتونا بووە.
٢١ حوکمدان بەسەر زەوی دەشتەکەدا هات،
بەسەر حۆلۆن و یەهچا و مێفەعەت،
٢٢ بەسەر دیڤۆن و نەبۆ و بێتدیڤلاتایم،
٢٣ بەسەر قیریاتەیم و بێتگاموول و بێتمەعۆن،
٢٤ بەسەر قەریۆت و بۆزرا،
بەسەر هەموو شارۆچکەکانی خاکی مۆئاب،
دوور و نزیکەکان.
٢٥ هێزی مۆئاب بڕایەوە،
بازووی شکا.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢٦ «سەرخۆشی بکەن،
چونکە بەرامبەر بە یەزدان خۆی بە زل زانی.
با مۆئاب لەناو ڕشانەوەکەی خۆی بگەوزێت،
ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی.
٢٧ ئەی تۆ بە ئیسرائیل پێنەکەنیت؟
ئایا ئەو لەنێو دزان گیرا،
هەر کاتێك باست دەکرد،
سەرت دەلەقاند؟
٢٨ ئەی دانیشتووانی مۆئاب،
شارۆچکەکان بەجێبهێڵن و لەناو بەردەکاندا
نیشتەجێ بن.
وەك کۆتر بن کە هێلانەی
لەدەم ئەشکەوتدا دەکات.

٢٩ «لووتبەرزی مۆئابمان بیستووە،
زۆر لووتبەرزە،
خۆبەزلزانی و لووتبەرزی و
فیز و شانازییەکەی لە دڵەوە.
٣٠ یەزدان دەفەرموێت: من بێ شەرمی ئەوم زانیوە،
بەڵام قسەی پووچە.
کردارە پووچەکانی بێ سوودن.
٣١ لەبەر ئەوە واوەیلا بۆ مۆئاب دەکەم،
بۆ سەراپای مۆئاب هاوار دەکەم،
بۆ پیاوانی قیر حەراسەت دەنووزێمەوە.
٣٢ ئەی مێوی سیڤما،
وەك گریانی یەعزێر بۆت دەگرییێم.
لقەکانت لە دەریا پەڕینەوە،
گەیشتنە دەریای یەعزێر.
تەفروتوناکەر کەوتە سەر

میوە پێگەیشتوو و هێشووە ترێیەکانت.
٣٣خۆشی و دڵشادی داماڵران
لە ڕەزەکان و لە خاکی مۆئاب.
شەرابم لە گوشەر ڕاگرت،
بە هاواری خۆشییەوە پێپەست ناکرێت،
ئەگەر هاوارکردن هەبێت،
لە خۆشیدا هاوار ناکەن.

٣٤«دەنگی هاواریان بەرزبووەوە،
لە حەشبۆنەوە هەتا ئەلعالێ و هەتا یەهەچ،
لە زۆعەرەوە هەتا حۆرۆنایم و عەگلەت
شەلیشیا،
چونکە هەروەها ئاوی نیمریمیش وشک
دەبێت.
٣٥لە مۆئاب کۆتایی دەهێنم
بەوانەی لە نزرگەکانی سەر بەرزایی قوربانی
پێشکەش دەکەن و
بخوور بۆ خوداوەندەکانی دادەگیرسێنن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣٦«لەبەر ئەوە دڵم بۆ مۆئاب وەک شمشاڵ ناڵەی
دێت،
دڵم بۆ پیاوانی قیر حەراسەت وەک شمشاڵ
دەناڵێنێت،
چونکە ئەو سامانەی بەدەستیان هێنا
لەناوچوو.
٣٧چونکە هەموو سەرێک تاشراوە و
هەموو ڕیشێک کورت کراوەتەوە،
هەموو دەستێک بریندار کراوە و
هەموو ناوقەدێک بە جلوبەرگی گوش
داپۆشراوە.
٣٨لەسەر هەموو سەربانەکانی مۆئاب و
لە هەموو شەقامەکانی
جگە لە گریان هیچی دیکە نییە،
چونکە مۆئابم شکاند،
وەک گۆزەیەک کەس نەیەوێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣٩«چۆن شکا! چۆن واوەیلا دەکەن!
چۆن مۆئاب لە شەرمان ڕووی وەرگێڕا!
مۆئاب بووە مایەی گاڵتەجاڕی و
ترسناکی بۆ هەموو ئەوانەی دەوروبەری.»

٤٠یەزدان ئەوە دەفەرموێت:

«تەماشا بکەن! دوژمن وەک هەڵۆ بەرز دەفڕێت،
بەسەر مۆئابدا باڵەکانی لێک دەکاتەوە.
٤١قەریۆت دەگیرێت و
قەڵاکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت.
لەو ڕۆژەدا دڵی پاڵەوانەکانی مۆئاب
وەک دڵی ژنی ژانگرتووی لێدێت.
٤٢مۆئاب لەوە دەکەوێت کە ببێتە گەل،
چونکە بەرامبەر بە یەزدان خۆی بە زل زانی.
٤٣ئەی دانیشتووی مۆئاب،
ترس و چاڵ و تەڵە چاوەڕێت دەکات.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٤٤«ئەوەی لە ترس هەڵدێت
دەکەوێتە ناو چاڵەکەوە،
ئەوەی لە چاڵەکە دێتە دەرەوە
بە تەڵەکەوە دەبێت،
چونکە ساڵی سزادان
بەسەر مۆئابدا دەهێنم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٤٥«لە سێبەری حەشبۆن
هەڵاتووەکان بە بێهێزی وەستاون،
چونکە لە حەشبۆنەوە ئاگرێک دەرچوو،
گڕێکیش لەنێو سیحۆنەوە،
ناوچەوانی مۆئاب و
کەللەسەری گەلی بە هاتوهاوار دەخوات.
٤٦قوڕبەسەرت مۆئاب!
خەڵکی کەمۆش لەناوچوو،
کوڕەکانی تۆیان ڕاپێچ کرد و
کچەکانت بە دیل بردران.

٤٧«بەڵام لە ئایندەدا،
ڕاپێچکراوەکانی مۆئاب دەگەڕێنمەوە.»

ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

ئێرە کۆتایی حوکم بەسەردادانی مۆئابە.

## پەیامێک سەبارەت بە عەمۆن

٤٩ بۆ عەمۆنییەکان:

یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئایا ئیسرائیل کوڕی نییە،
یان میراتگری نییە؟
بۆچی مۆلەخ گاد داگیر بکات و
گەلەکەشی لەناو شارۆچکەکانی ئەودا
نیشتەجێ بن؟»
٢ یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە ئەوەتا ڕۆژێک
دێت،
وا دەکەم لە شاری ڕەببەی عەمۆنییەکان،
نەعرەتەی جەنگ ببیسترێت،
جا دەبێتە گردێکی وێران و
شارۆچکەکانیشی بە ئاگر دەسووتێن،
ئیسرائیلیش داگیرکەرانی خۆی داگیر دەکات.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣ «ئەی حەشبۆن واوەیلا بکە، چونکە عای
تەفروتونا بوو!
ئەی دانیشتووانی ڕەببە هاوار بکەن!
بەرگی لە گوش دروستکراو لەبەر بکەن و شین
بگێڕن،
بەناو شووراکانیدا بسووڕێنەوە،
چونکە مۆلەخ ڕاپێچ دەکرێت،
خۆی و کاهین و پیاوە گەورەکانی.
٤ بۆ شانازی بە دۆڵەکانتەوە دەکەیت؟
بۆ شانازی بە دۆڵە پڕ بەروبوومەکانتەوە
دەکەیت؟
ئەی کچی هەڵگەڕاوە،
ئەوەی پشت بە گەنجینەکانت دەبەستیت و
دەڵێیت،
”کێ پەلامارم دەدات؟“»
٥ یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار، دەفەرموێت:
«ئەوەتا من ترست دەهێنمە سەر
لە هەموو ئەوانەی دەوروبەرت.
جا هەریەکە لە ئێوە دەردەکرێت و
کەس نابێت ونبووان کۆبکاتەوە.
٦ «پاش ئەمە ڕاپێچکراوانی عەمۆنییەکان
دەگەڕێنمەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیامێک سەبارەت بە ئەدۆم

٧ بۆ ئەدۆم:

یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«ئایا ئیتر دانایی لە تێمان نییە؟
ئایا ڕاوێژ لەلای تێگەیشتووان نەماوە؟
ئایا داناییەکەیان پووچەڵ بووەتەوە؟
٨ ئەی دانیشتووانی دیدان، بکشێنەوە و هەڵێن،
بڕۆن لە ئەشکەوتە قووڵەکان خۆتان بشارنەوە،
چونکە بەڵاکەی عیسۆی بەسەردەهێنم
لەو کاتەی سزای دەدەم.
٩ ئەگەر ڕەزبڕت[a] بۆ بێت،
ئایا هەندێک ترێ بەجێناهێڵن؟
ئەگەر بە شەو دزت بۆ بێت،
ئایا تەنها ئەوەی پێویستیان بێت نایدزن؟
١٠ بەڵام من عیسۆ ڕووت دەکەمەوە،
شوێنە نهێنییەکانی دەردەخەم،
ناتوانێت خۆی بشارێتەوە،
منداڵ و برا و دراوسێکانی تەفروتونا دەکرێت،
ئیتر کەس بە زیندوویی نامێنێتەوە بۆ ئەوی
بڵێت:
١١ ”هەتیوەکانت جێبهێڵە، من دەیانپارێزم،
با بێوەژنەکانت پشت بە من ببەستن.“»

١٢ سەبارەت بەمە یەزدان دەفەرموێت: «ئەگەر
ئەوانەی شایانی ئەوە نین لە جامەکە بخۆنەوە،
بەڵام بە تەواوی خواردیانەوە، ئایا تۆ بە تەواوی

[a] ٩ ڕەزبڕ: ئەوەی بەرهەمی ڕەزی دەبڕێتەوە.

بێ سزا دەبیت؟ بێ سزا نابیت، بەڵکو دەبێت
بیخۆیتەوە. [١٣] یەزدان دەفەرموێت: چونکە سوێندم
بە خۆم خواردووە، کە بۆزرا وێران بێت، ڕیسوا
بێت، بڕووخێت و نەفرەتبار بێت و هەموو
شارۆچکەکانیشی هەتاهەتایە بە ڕووخاوی
بمێنێتەوە.»

[١٤] هەواڵێکم لەلایەن یەزدانەوە بیست،
نێردراوێك بۆ نەتەوەکان نێردراوە تاکو پێیان
بڵێت:
«کۆببنەوە و پەلاماری بدەن،
هەستن بۆ جەنگ.»

[١٥] «ئێستا لەنێو گەلاندا بچووکت دەکەمەوە،
لەنێو مرۆڤدا ڕیسوا دەبیت.
[١٦] تۆ سامت لەسەر خەڵك هەبوو،
فیزی دڵت هەڵیخەڵەتاندی،
ئەی نیشتەجێی نێو کەلێنی تاشەبەرد،
ئەوەی لەسەر بەرزایی گردیت،
تەنانەت ئەگەر وەك هەڵۆ هێلانەکەت لە
بەرزایی دانێیت،
لەوێوە دەتهێنمە خوارەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[١٧] «ئەدۆم دەبێتە وێرانە،
هەرکەسێك پێیدا تێبپەڕێت سەرسام دەبێت،
گاڵتەی پێ دەکات لەسەر هەموو ئەوەی
بەسەری هاتووە.
[١٨] وەك سەرەوژێربوونی سەدۆم و عەمۆرا
و شارۆچکەکانی دەوروبەری،
هیچ مرۆڤێك لەوێدا نیشتەجێ نابێت،
هیچ ئادەمیزادێك بۆ ئەوێ ئاوارە نابێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[١٩] «ئەوەتا وەك شێرێك لە دەوەنەکانی ڕووباری
ئوردونەوە سەردەکەوێت،
بەرەو لەوەڕگا دەوڵەمەندەکان،
ئاوا لە چاوتروکانێکدا لەوێ ئەدۆمییەکان
ڕاودەنێم.
کێ هەڵبژێردراوە کە بیکەم بە سەرپەرشتیاری؟
چونکە کێ وەك منە و کێ کێشەوبەرەم لەگەڵ
دەکات؟
ئەو شوانە کێیە کە دەتوانێ لە ڕووی من
بوەستێتەوە؟»

[٢٠] لەبەر ئەوە ببیستن خودا چ پلانێکی لە دژی
ئەدۆم داڕشتووە،
مەبەستی چی بووە لە دژی دانیشتووانی تێمان
بیکات:
بچووکەکانی مێگەلەکە ڕادەکێشرێن،
بەهۆی ئەوان بە تەواوی لەوەڕگاکانیان وێران
دەکات.
[٢١] لە دەنگی کەوتنیان زەوی دەلەرزێت،
قیژەیان دەگاتە دەریای سوور[a].
[٢٢] تەماشا بکەن! دوژمن وەك هەڵۆ بەرز دەبێتەوە
و دەفڕێت،
بەسەر بۆزرادا باڵەکانی لێك دەکاتەوە.
لەو ڕۆژەدا دڵی پاڵەوانانی ئەدۆم
وەك دڵی ژنی ژانگرتووی لێدێت.

## پەیامێك سەبارەت بە دیمەشق

[٢٣] بۆ دیمەشق:

«حەمات و ئەرپاد شەرمەزار بوون،
چونکە هەواڵێکی خراپیان بیست،
لە ترسان توانەوە،
وەك دەریا شڵەژاون و ئارام نابنەوە.
[٢٤] دیمەشق هێزی لەبەر بڕا،
ڕووی وەرگێڕا بۆ هەڵاتن،
شڵەژا و تانگەتاو بوو
وەك ژنی ژانگرتوو.
[٢٥] چۆن واز لە شارە بەناوبانگەکە نەهێنرا،

[a] ٢١ عیبری سوف واتە (زەل). دەشێت مەبەست لە دەریای سوف بێت، ئەو دەریایە بێت کە دەکەوێتە سەرووی باکووری کەنداوی سوێسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دەقی یۆنانی پەیمانی نوێ هەر بە دەریای سوور نووسراوە. بڕوانە عیبرانییەکان ٢٩:١١.

ئەو شارۆچکەیەی کە شوێنی شادی من بوو!
٢٦ بێگومان لەو ڕۆژەدا، لاوەکانی لەناو شەقامەکان
دەکوژرێن،
هەموو جەنگاوەرەکانی لەناودەچن.»
ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.
٢٧ «ئاگرێك لە دیواری دیمەشق بەردەدەم،
قەڵاکانی بەن‌هەدەد دەخوات.»

## پەیامێك سەبارەت بە قێدار و حاچۆر

٢٨ بۆ قێدار و شانشینەکانی حاچۆر، ئەوەی
نەبوخودنەسری پاشای بابل لێیدا:

یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەی بابلییەکان، هەستن هێرش ببەن بۆ قێدار،
خەڵکی ڕۆژهەڵات تەفروتونا بکەن.
٢٩ ڕەشماڵ و مەڕەکانیان دەبردرێن،
خێوەت و هەموو قاپوقاچاغەکانیان و
وشترەکانیان دەهێنرێن.
بانگیان بکەن:
”لە هەموو لایەکەوە ترس و تۆقین هەیە!“»

٣٠ یەزدان دەفەرموێت: «ڕابکەن و دوور هەڵێن!
ئەی دانیشتووانی حاچۆر، لە ئەشکەوتە
قووڵەکان نیشتەجێ بن.
نەبوخودنەسری پاشای بابل لە دژی ئێوە ڕاوێژی
کردووە،
لە دژی ئێوە پیلانی داناوە.

٣١ «هەستن هێرش ببەنە سەر نەتەوەیەکی
ئاسوودە،
بە پشت ئەستوورییەوە نیشتەجێیە.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
نە دەرگا و نە شمشیرەی[a] هەیە،
بە تەنهایی نیشتەجێیە.
٣٢ وشترەکانیان بە تاڵان دەبردرێن و
ماڵاتی زۆریان دەبێتە دەستکەوت.
بە هەموو بایەك
قژبڕاوەکان[b] شەن دەکەم،
لە هەموو لایەکەوە کارەساتیان بەسەردەهێنم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣٣ «حاچۆر بۆ هەتاهەتایە
دەبێتە داڵدەی چەقەڵ و چۆڵەوانی.
هیچ مرۆڤێك لەوێ نیشتەجێ نابێت،
هیچ ئادەمیزادێك ئاوارەی ئەوێ نابێت.»

## پەیامێك سەبارەت بە ئیلام

٣٤ ئەو فەرمایشتەی یەزدان کە لە سەرەتای
پاشایەتییەکەی سدقیای پاشای یەهودا بۆ یەرمیای
پێغەمبەر هات، سەبارەت بە ئیلام، پێی فەرموو:
٣٥ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من کەوانی ئیلام دەشکێنم،
کە سەرچاوەی هێزیانە.
٣٦ چوار با لە هەر چوار لای ئاسمانەوە،
بەسەر ئیلامدا دەهێنم،
بەم چوار بایە شەنیان دەکەم،
هەتا نەتەوە نەبێت
کە دوورخراوەکانی ئیلامی بۆ نەچوو بێت.
٣٧ ئیلامییەکان لەبەردەم دوژمنانیان دەتۆقێنم،
لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێ بیانکوژن،
بەڵایان بەسەردەهێنم،
گڕی تووڕەییم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
«بە شمشێر ڕاویان دەنێم
هەتا کۆتاییان دەهێنم.
٣٨ تەختی خۆم لە ئیلام دادەنێم و
لەوێ پاشا و پیاوە گەورەکانی لەناودەبەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٣٩ «بەڵام لە ئاییندەدا،
ڕاپێچکراوەکانی ئیلام دەگەڕێنمەوە.»

[a] ٣١ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

[b] ٣٢ بڕوانە یەرمیا ٩:‏٢٦

ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## پەیامێك سەبارەت بە بابل

٥٠ ئەمە ئەو فەرمایشتەیە کە یەزدان
سەبارەت بە بابل و خاکی بابلییەکان لە
ڕێگەی یەرمیای پێغەمبەرەوە فەرمووی:

٢ «لەنێو نەتەوەکان جاڕبدەن و ڕایبگەیەنن،
ئاڵا بەرز بکەنەوە و ڕابگەیەنن،
هیچ مەشارنەوە، بڵێن،
”بابل دەگیرێت،
بێل[a] شەرمەزار دەبێت،
مەرۆداخ[b] وردوخاش دەبێت.
پەیکەرەکانی شەرمەزار و
بتەکانی وردوخاش دەبن!“
٣ نەتەوەیەك لە باکوورەوە دێتە سەری،
خاکەکەی وێران دەکات،
ئاوەدانی تێدا نابێت،
لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ هەڵدێن.»

٤ یەزدان دەفەرموێت:
«لەو ڕۆژانە و لەو سەردەمە،
نەوەی ئیسرائیل و نەوەی یەهودا پێکەوە دێن،
بەدەم ڕێگاوە دەگریێن و ڕوو لە یەزدان
دەکەن، خودای خۆیان.
٥ پرسیاری ڕێگای سییۆن دەکەن و
ڕووی تێ دەکەن.
دێنەوە و بە پەیمانێکی هەتاهەتایی کە لەبیر
نەکرێت،
دەچنە پاڵ یەزدانی خۆیان.

٦ «گەلەکەم مەڕی ونبوو بوون،
شوانەکانیان گومڕایان کردن،
وێڵی ناو چیاکانیان کردن.
لەنێو چیا و گردەکان دەگەڕان،
جێی حەوانەوەی خۆیان لەبیر کرد.
٧ هەموو ئەوانەی تووشیان دەبوون لووشیان
دەدان،
دوژمنانیان گوتیان: ”ئێمە تاوانبار نین،
لەبەر ئەوەی گوناهیان لە دژی یەزدان کرد،
کە شوێنی حەوانەوەی ڕاستەقینەیانە،
لە دژی یەزدان کە ئومێدی باوباپیرانیانە.“

٨ «لە بابل ڕابکەن،
خاکی بابلییەکان بەجێبهێڵن،
وەك نێرییەکانی پێش مێگەل بن.
٩ چونکە ئەوەتا من کۆمەڵە نەتەوەیەکی گەورە
لە خاکی باکوورەوە ڕادەپەڕێنم.
ئەوان لە دژی بابل ڕیز دەبەستن،
لە باکوور دەیگرن.
تیرەکانیان وەك پاڵەوانی شارەزایە،
بە دەستبەتاڵی ناگەڕێنەوە.
١٠ خاکی بابل دەبێتە دەستکەوت،
ئەوەی دەستی بکەوێت لێی تێر دەبێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١١ «ئەی تاڵانکەرانی میراتەکەم،
لەبەر ئەوەی دڵخۆش و شادمان بوون،
وەك مانگایەك گەنم بکوتێت هەڵدەبەزنەوە و
وەك ئەسپ حیلاندتان،
١٢ دایکتان زۆر شەرمەزار دەبێت،
ئەوەی ئێوەی بووە ڕیسوا دەبێت.
دەبێتە دوایین نەتەوە،
دەبێتە چۆڵەوانی و بیابان و دەشتی ڕووت.
١٣ لەبەر تووڕەیی یەزدان ئاوەدان نابێتەوە و
هەمووی دەبێتە چۆڵەوانی.
هەرکەسێك بە بابلدا تێبپەڕێت سەرسام دەبێت و
فیکە لێدەدات،
لەبەر هەموو ئەوەی بەسەری هاتووە.

١٤ «ئەی هەموو کەوان ڕاکێشان،
لە چواردەوری بابل ڕیز ببەستن.

[a] ٢ بێل یەکێکە لە خوداوەند و بتە ناودارەکانی سەردەمی شانشینی بابل.
[b] ٢ بێل یان مەرۆداخ یان مەردوخ، هەمان سەرۆکی خوداوەندەکانی بابلییەکان بوو.

تیربارانی بکەن! دەست مەپارێزن،
چونکە لە دژی یەزدان گوناهی کرد.
١٥ لە هەموو لایەکەوە نەعرەتەی بەسەردا بکێشن!
خۆی بەدەستەوە دەدا، قوڵلەکانی دەکەون،
شووراکانی دەڕووخێن.
لەبەر ئەوەی ئەمە تۆڵەی یەزدانە،
تۆڵەی لێ بکەنەوە،
چی کرد، ئەوەی پێ بکەنەوە.
١٦ وەرزێر لە بابل ببڕنەوە و
داس بەدەست لە کاتی دروێنە.
لە ڕووی شمشێری ستەمکار،
با هەریەکە بەرەو گەلەکەی خۆی بگەڕێتەوە،
با هەریەکە بەرەو خاکی خۆی هەڵبێت.

١٧ «ئیسرائیل مێگەلێکی پەرتەوازەیە،
شێرەکان ڕاویان ناوە.
سەرەتا پاشای ئاشور لووشی دا،
ئینجا ئەمەی دوایی،
نەبوخودنەسری پاشای بابل،
ئێسکەکانی هاڕی.»

١٨ لەبەر ئەوە یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت:

«من پاشای بابل و خاکەکەی سزا دەدەم،
وەك چۆن پاشای ئاشورم سزا دا.
١٩ بەڵام ئیسرائیل دەگەڕێنمەوە ناو پاوانەکەی خۆی،
جا لە کارمەل و باشان دەلەوەڕێت،
لە شاخەکانی ئەفرایم و گلعادیش
تێر دەخوات.»
٢٠ یەزدان دەفەرموێت:
«لەو ڕۆژانەدا و لەو سەردەمەدا،
بەدوای تاوانی ئیسرائیلدا دەگەڕێن،
بەڵام نییەتی،
هەروەها بەدوای گوناهی یەهودا دەگەڕێن،
بەڵام هیچ نادۆزنەوە،
چونکە ئەوانەی کە دەیانهێڵمەوە لێیان خۆشدەبم.»
٢١ یەزدان دەفەرموێت: «پەلاماری خاکی میراتەیم[a] و
دانیشتووانی پەقۆد[b] بدە.
ڕایانماڵە و بیانکوژە و بە تەواوی بیانبڕەوە[c]،
هەموو ئەوەی فەرمانم پێکردیت بیکە.
٢٢ لە خاکەکە دەنگی جەنگە،
دەنگی تێکشکانێکی مەزن!
٢٣ چۆن تێکشکا و تەفروتونا بوو،
چەکوشی هەموو زەوی!
بابل چۆن وێران بوو
لەنێو نەتەوەکان!
٢٤ ئەی بابل، تەڵەم بۆت نایەوە،
بەبێ ئەوەی بزانی پێوەبوویت.
دۆزرایتەوە و گیرایت،
چونکە دژایەتی یەزدانت کرد.
٢٥ یەزدان جبەخانەکەی خۆی کردەوە و
چەکەکانی تووڕەیی خۆی دەرهێنا،
چونکە یەزدان، پەروەردگاری سوپاسالار،
کارێکی هەیە لە خاکی بابلییەکان.
٢٦ لەوپەڕەوە وەرنە سەری!
ئەمبارەکانی بکەنەوە،
وەك کۆمەی دەغڵودان کەڵەکەی بکەن.
بە تەواوی قڕی بکەن،
پاشماوەی نەمێنێتەوە!
٢٧ هەموو جوانەگاکانی[d] بکوژن،
با بۆ سەربڕین ببردرێن!
قوڕبەسەریان! چونکە ڕۆژیان هات،

[a] ٢١ بە واتای دوو هێندە یاخیبوون.
[b] ٢١ بە واتای سزادان.
[c] ٢١ وشەی لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.
[d] ٢٧ لەو کاتەوە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێ دەڵێن (نۆبەن) یان (جوانەگا).

کاتی سزادانیان.
٢٨ لە خاکی بابلەوە گوێ لە دەنگی هەڵاتووان و دەربازبووان بگرن
لە سییۆن ڕایبگەیەنن
چۆن یەزدانی پەروەردگارمان تۆڵەی سەندەوە،
تۆڵەی پەرستگاکەی.

٢٩ «تیرهاوێژەکان بانگ بکەن لە دژی بابل،
هەموو کەوان بەدەستەکان.
لە هەموو لایەکەوە دابەزنە سەری،
با کەس دەرباز نەبێت.
بەگوێرەی کردەوەکەی سزای بدەن،
هەموو ئەوەی کردی پێی بکەنەوە،
چونکە لە ڕووی یەزدان وەستایەوە،
لە ڕووی خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل.
٣٠ لەبەر ئەوە لاوەکانی لە گۆڕەپانەکاندا دەکوژرێن و
لەو ڕۆژەدا هەموو جەنگاوەرەکانی لەناودەچن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣١ «ئەی بێ چاوەڕوو، ئەوەتا من لە دژی تۆم،
چونکە ڕۆژت هات،
کاتی سزادانت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، پەروەردگاری سوپاسالار.
٣٢ «جا بێ چاوەڕووەکە ساتمە دەکات و دەکەوێت،
کەس هەڵیناستێنێتەوە،
منیش ئاگر بەردەدەمە شارۆچکەکانی و
هەموو دەوروبەرەکەی دەخوات.»

٣٣ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«نەوەی ئیسرائیل چەوسێنراوەن،
هەروەها نەوەی یەهوداش.
هەموو ئەوانەی ڕاپێچیان کردن ئەوانیان گرت،
ڕازی نەبوون بەڕەڵایان بکەن.
٣٤ بەڵام ئەوەی دەیانکڕێتەوە بەهێزە،
ناوی یەزدانی سوپاسالارە.
بە چالاکی داکۆکی لە کێشەکەیان دەکات،
هەتا خاکەکە دەحەسێنێتەوە،
بەڵام دانیشتووانی بابل هەراسان دەکات.»

٣٥ یەزدان دەفەرموێت: «شمشێر لە دژی بابلییەکانە!
لە دژی دانیشتووانی بابلە و
لە دژی میر و پیاوە داناکانییەتی!
٣٦ شمشێر لە دژی قسە پووچەکانە![a]
جا گێل دەبن.
شمشێر لە دژی پاڵەوانەکانییەتی!
جا دەتۆقن.
٣٧ شمشێر لە دژی ئەسپ و گالیسکەکانییەتی،
لە دژی هەموو سەربازە بێگانەکان لە ڕیزەکانی ئەو!
جا دەبن بە ژن.
شمشێر لە دژی گەنجینەکانییەتی!
جا تاڵان دەکرێن.
٣٨ وشکەساڵی لە دژی ئاوەکانییەتی!
جا وشک دەبن،
چونکە خاکی بتەکانە،
ئەو بتانەی شێتی و تۆقین دەهێنن.

٣٩ «لەبەر ئەوە دڕندە بیابانییەکان و کەمتیار تێیدا دەژین،
کوندەپەپووی تێدا دەژییێت.
ئیتر هەرگیز کەسی تێدا نیشتەجێ نابێت،
نەوە دوای نەوە ئاوەدان نابێتەوە.
٤٠ وەك چۆن خودا سەدۆم و عەمۆرای سەرەوژێر کرد
لەگەڵ شارۆچکەکانی دەوروبەری،
هیچ مرۆڤێك لەوێدا نیشتەجێ نابێت،
هیچ ئادەمیزادێك بۆ ئەوێ ئاوارە نابێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٤١ «ئەوەتا! سوپایەك لە باکوورەوە دێت،

[a] ٣٦ مەبەستی لەوانە کە بە درۆ بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان دەکرد.

نەتەوەیەکی مەزن و چەندین پاشا،
لەوپەڕی زەوییەوە هەڵدەستێنرێن.
٤٢ کەوان و ڕمیان بە دەستەوەیە،
دڵڕەقن و بەزەییان نییە.
دەنگیان وەك دەریا هاژەی دێت و
سواری ئەسپ دەبن،
وەك یەك پیاو ڕیز دەبەستن
بۆ هێرشکردنە سەر تۆ، ئەی شاری بابل.
٤٣ پاشای بابل هەواڵی ئەوانی بیست،
ورەی ڕووخا،
تووشی تەنگانە بوو،
تووشی ئازار بوو وەك ئازاری ژنی ژانگرتوو.
٤٤ ئەوەتا وەك شێرێك لە دەوەنەکانی ڕووباری
ئوردونەوە سەردەکەوێت،
بەرەو لەوەڕگا دەوڵەمەندەکان،
ئاوا لە چاوتروکانێکدا لەوێ بابلییەکان ڕاوەدەنێم.
کێ هەڵبژێردراوە کە بیکەم بە سەرپەرشتیاری؟
چونکە کێ وەك منە و کێ کێشەوبەرەم لەگەڵ
دەکات؟
ئەو شوانە کێیە کە دەتوانێ لە ڕووی من
بوەستێتەوە؟»

٤٥ لەبەر ئەوە ببیستن خودا چ پلانێکی لە دژی بابل
دارِشتووە،
مەبەستی چی بووە لە دژی خاکی بابلییەکان
بیکات:
بچووکەکانی مێگەلەکە ڕادەکێشرێن،
بەهۆی ئەوان بە تەواوی لەوەڕگاکانیان وێران
دەکات.
٤٦ لە دەنگی گرتنی بابل زەوی دەلەرزێت،
قیژەیان دەگاتە ناو نەتەوەکان.

# ٥١

یەزدان ئەمە دەفەرموێت:
«ئەوەتا من ڕۆحی لەناوبەر[a]
دەوروژێنم
لە دژی بابل و دانیشتووانی لێڤ قامای[b].
٢ بێگانەکان دەنێرمە بابل
بۆ شەنکردنیان و ڕووتکردنەوەی خاکەکەی،
لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدەن
لە ڕۆژی بەڵای ئەودا.
٣ ڕێ مەدە تیرهاوێژ ژێی کەوانەکەی ڕابکێشێت،
ڕێ مەدە سەرباز زرێیەکەی بپۆشێت.
دەستتان لە گەنجەکانی مەپارێزن،
بەڵکو سوپاکەی بە تەواوی لەناوببەن[c].
٤ کوژراوان لە بابل دەکەون،
بریندارەکان بە سەختی لە شەقامەکانی.
٥ چونکە ئیسرائیل و یەهودا بەجێنەهێڵدراون
لەلایەن خودایانەوە، لەلایەن یەزدانی
سوپاسالارەوە،
هەرچەندە خاکی بابلییەکان پڕ لە تاوانە
لە دژی خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیل.

٦ «لە بابلەوە هەڵێن!
هەرکەسە با خۆی دەرباز بکات!
بە تاوانی ئەو لەناونەچن،
چونکە کاتی تۆڵەسەندنەوەیە بۆ یەزدان،
ئەو سزای شایستەی دەدات.
٧ بابل جامێکی زێڕ بوو بە دەستی یەزدانەوە،
هەموو زەوی سەرخۆش کرد.
نەتەوەکان لە شەرابی ئەویان خواردەوە،
لەبەر ئەوە نەتەوەکان شێت بوون.
٨ لەپڕ بابل دەکەوێت و وردوخاش دەبێت.
واوەیلای بۆ بکەن!

---

[a] ١ با یان ئامرازێك بۆ لەناوبردنیان.
[b] ١ واتە خاکی کلدانییەکان، مەبەستی لە بابلە.
[c] ٣ لەناو دەبن: لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان، زۆر جار بەخشینەکە بە تەواوی لە ناودەبردرێت.

هەتووانێك بۆ برینەكەی بهێنن،
بەڵكو چاك بێتەوە.

٩ «”بابلمان تیمار كرد،
بەڵام ناتوانێت چاك بێتەوە.
وازی لێ بهێنن و با هەریەكەمان بچینەوە
خاكەكەی خۆمان،
چونكە كاتێك حوكمی بەسەردا درا هاواری
گەیشتە ئاسمان،
هەتا هەورەكان بەرز بووەتەوە.“

١٠ «”یەزدان ئەستۆپاكی ئێمەی دەرخست،
وەرن با لە سییۆن
باسی كردەوەكەی یەزدانی پەروەردگارمان
بكەین.“

١١ «تیرەكان تیژ بكەن،
قەڵغانەكان هەڵبگرن!
یەزدان ڕۆحی پاشایانی مادی وروژاندووە،
چونكە پلانی وێرانكردنی بابل دادەنێت.
یەزدان تۆڵە دەستێنێتەوە،
تۆڵەی پەرستگاكەی.
١٢ لە دژی شووراكانی بابل ئاڵا هەڵبكەن!
پاسەوانییەتی توند بكەن،
چاودێر دابنێن،
بۆسە بنێنەوە!
خودا مەبەستی خۆی دەهێنێتە دی،
بڕیارەكەی لە دژی خەڵكی بابل.
١٣ ئەی نیشتەجێی دەم ئاوە زۆرەكان،
خاوەن گەنجینەی زۆر،
كۆتاییت هات،
كاتی لەناوچوونت.»
١٤ یەزدانی سوپاسالار بە گیانی خۆی سوێندی
خوارد:
«بە دڵنیاییەوە پڕت دەكەم لە پیاو، وەك ڕەوە
كوللە،
هاواری سەركەوتنت بەسەردا دەكێشن.»

١٥ «خودا بە هێزی خۆی زەوی دروستكردووە،
بە دانایی خۆی جیهانی دامەزراندووە،
بە تێگەیشتنی خۆی ئاسمانی ڕاخستووە.
١٦ كاتێك دەنگ هەڵدەبڕێت، ئاوەكانی ئاسمان
هاژەیان دێت،
هەڵمەكان لەوپەڕی زەوییەوە بەرز دەكاتەوە،
بروسكە بۆ باران دروستدەكات،
با لە ئەمباری خۆی دەردەهێنێت.

١٧ «هەموو كەسێك بێ زانیارییە و دەبەنگە،
هەموو زێڕنگەرێك بە پەیكەرەكەی شەرمەزارە،
چونكە داڕێژراوی درۆن و
ڕۆحیان تێدا نییە.
١٨ ئەوان پووچن، مایەی گاڵتەجاڕین،
لە كاتی سزادانیان لەناودەچن.
١٩ بەڵام خودا، ئەوەی بەشی یاقوبە وەك ئەمانە
نییە،
چونكە ئەو دروستكەری هەموو شتێكە،
هۆزی[a] میراتی ئەویشی داناوە،
یەزدانی سوپاسالار، ئەمە ناوی ئەوە.

٢٠ «تۆ گورزی منی،
چەكەكانی جەنگی منی،
بە تۆ نەتەوەكان تێكدەشكێنم،
بە تۆ شانشینەكان لەناودەبەم،
٢١ بە تۆ ئەسپ و سوارەكەی تێكدەشكێنم،
بە تۆ گالیسكە و سوارەكەی تێكدەشكێنم،
٢٢ بە تۆ ژن و پیاو تێكدەشكێنم،
بە تۆ پیر و گەنج تێكدەشكێنم،
بە تۆ گەنج و لاو تێكدەشكێنم،
٢٣ بە تۆ شوان و مێگەلەكەی تێكدەشكێنم،
بە تۆ جوتیار و گاجووتەكەی تێكدەشكێنم،
بە تۆ پارێزگار و فەرمانڕەواكان تێكدەشكێنم.

٢٤ «لەبەرچاوی خۆتان سزای بابل و هەموو
دانیشتووانی خاكی كلدانییەكان دەدەم بەرامبەر

[a] ١٩ بڕوانە ١٠:١٢-١٦.

بە هەموو ئەو خراپانەی لە سییۆن کردیان.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانە.

٢٥ «ئەی کێوی لەناوبەر، ئەوەتا من لە دژی تۆم،
تۆ ئەی لەناوبەری هەموو زەوی.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
«دەست درێژ دەکەمە سەرت،
لەسەر بەردەکان گلۆرت دەکەمەوە،
دەتکەمە کێوێکی سووتاو.
٢٦ ئیتر نە بەردت لێ دەبەن بۆ بەردی قولینچک[a]،
نە هیچ بەردێك بۆ بناغەکان،
چونکە بۆ هەتاهەتایە دەبیتە چۆڵەوانی.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢٧ «ئاڵا لەسەر خاکەکە بەرز بکەنەوە،
لەنێو نەتەوەکان فوو بە کەڕەنادا بکەن.
نەتەوەکان لە دژی بابل ئامادە بکەن،
ئەم شانشینانە لە دژی ئەو بانگ بکەن:
ئارارات و مینی و ئەشکەنەز،
ڕابەرێك لە دژی دابنێن،
وەك ڕەوە کوللە ئەسپ بنێرن.
٢٨ نەتەوەکان لە دژی ئەو ئامادە بکەن،
پاشاکانی ماد،
پارێزگار و هەموو فەرمانڕەواکان و
هەموو خاکی ژێر دەسەڵاتیان.
٢٩ ئینجا زەوی دەلەرزێت و ژان دەیگرێت،
چونکە مەبەستی یەزدان لە بابل دێتە دی،
بۆ ئەوەی خاکی بابل وێران بکات،
ئیتر ئاوەدانی تێدا نابێت.
٣٠ پاڵەوانەکانی بابل وازیان لە جەنگ هێنا،
لە قەڵاکان دانیشتن.
هێزیان لەبەر بڕا،
وەك ژنیان لێهات.
نشینگەکانیان سووتێنرا،
شمشیرەی دەرگاکانیان شکێنرا.
٣١ نێردراوێك بەدوای یەکێکی دیکە دەکەوێت و
پەیامنێرێك بەدوای پەیامنێرێکی دیکە،
بۆ ئەوەی بە پاشای بابل ڕابگەیەنن
کە سەرتاسەری شارەکانی گیراون،
٣٢ ڕووبارەکان[b] دەستیان بەسەردا گیرا،
زۆنگاوەکان بە ئاگر سووتێنران،
جەنگاوەرەکان تۆقین.»

٣٣ یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل، ئەمە
دەفەرموێت:

«شاری بابل وەك جۆخینێکە
کاتی گێرەیەتی،
پاش کەمێك کاتی بەرهەم دێت.»

٣٤ «نەبوخودنەسری پاشای بابل ئێمەی خوارد،
ئومێدبڕی کردین،
ئێمەی کردە گۆزەیەکی بەتاڵ.
وەك ئەژدیها هەڵیلووشین،
سکی خۆی پڕکرد لە چێژی ئێمە،
ئینجا ئێمەی ڕشاندەوە.»
٣٥ دانیشتووەکەی سییۆن دەڵێن:
«ئەو ستەمەی لە ئێمە کرا بەسەر بابل بێت.»
ئۆرشەلیم دەڵێت:
«خوێنم لە ملی دانیشتووانی خاکی
بابلییەکانە.»

٣٦ لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من داکۆکی لە کێشەکەت دەکەم،
تۆڵەی تۆ دەکەمەوە،
دەریاکەی[c] وشك دەکەم،
کانییەکانی کوێر دەکەمەوە.
٣٧ بابل دەبێتە تەپۆڵکە و
داڵدەی چەقەڵ،

---

[a] ٢٦ بەردی قولینچك: بەردێکی گەورە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

[b] ٣٢ مەبەستی لە پرد و شوێنی پەڕینەوەیە لە ڕووبارەکان.

[c] ٣٦ خەڵك لەو باوەڕەدا بوون کە لەبن زەوی دەریایەك هەبوو وەکو سەرچاوەی ئاو.

پەند و مایەی تانە و تەشەر،
شوێنێك ئاوەدانی تێدا نییە.
[٣٨] پێکەوە وەك جوانە شێر دەنەڕێنن،
وەك بەچکە شێرەکان دەمرێنن.
[٣٩] کاتێك گەرم دەبن،
داوەتیان دەکەم و
سەرخۆشیان دەکەم،
بۆ ئەوەی دڵخۆش بن،
ئینجا هەتاهەتایە خەویان لێ دەکەوێت و
بەئاگا نایەن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[٤٠] «وەك بەرخ دەیانبەم بۆ سەربڕین
وەك بەران و نێری.

[٤١] «شێشەخ[a] چۆن دەگیرێت،
شانازی هەموو زەوی چۆن دەستبەسەر
دەکرێت!
چۆن وێران بوو،
بابل لەنێو نەتەوەکان!
[٤٢] دەریا بەسەر بابلدا هەڵدەچێت،
بە هەڵچوونی شەپۆلەکانی دایدەپۆشێت.
[٤٣] شارۆچکەکانی وێران بوون،
بوونە بیابان و دەشتی ڕووت،
خاکێك کە نە کەس تێیدا نیشتەجێ دەبێت و
نە ئادەمیزاد پێیدا تێدەپەڕێت.
[٤٤] لە بابل سزای بێل دەدەم و
ئەوەی قووتی داوە لە دەمی دەهێنمە دەرەوە.
ئیتر نەتەوەکان بەرەو لای ئەو ڕێچکە ناگرن،
هەروەها شووراکانی بابل دەکەوێت.

[٤٥] «ئەی گەلی من لەناویدا وەرنە دەرەوە!
هەرکەسێك خۆی لە گڕی تووڕەیی یەزدان
دەرباز بکات!
[٤٦] وره بەرمەدەن و مەترسن،
کاتێك هەواڵی ئەو خاکە دەبیستن،
هەواڵێك ئەم ساڵ دێت، ئینجا لە ساڵی پاشتر
هەواڵێکی دیکە،
هەواڵی ستەم لە خاکەکەدا و
فەرمانڕەوا لە دژی فەرمانڕەوا.
[٤٧] لەبەر ئەوە بێگومان ڕۆژێك دێت
سزای بتەکانی بابل دەدەم،
هەموو خاکەکەی شەرمەزار دەبێت و
کوژراوەکانی لەناوەڕاستی دەکەون.
[٤٨] ئینجا ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیاندایە
هاواری خۆشی بەسەر بابلدا دەکەن،
چونکە لە باکوورەوە بۆی دێن،
تەفروتوناکەرەکان.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٤٩] «دەبێت بابلیش لەبەر کوژراوەکانی ئیسرائیل
بڕووخێت،
وەك چۆن کوژراوەکانی هەموو زەوی
بەهۆی بابلەوە کەوتن.
[٥٠] ئەی دەربازبووان لە شمشێر،
بڕۆن و مەوەستن!
لە دوورەوە یادی یەزدان بکەنەوە،
بیر لە ئۆرشەلیم بکەنەوە.»

[٥١] «شەرمەزار بووین،
چونکە ڕیسوا بووین و
شەرم ڕووی داپۆشین،
چونکە بێگانەکان هاتنە ناو
پیرۆزگاکانیماڵی یەزدان.»

[٥٢] یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە ڕۆژێك دێت،
بتەکانی سزا دەدەم،
لە هەموو خاکەکەیدا
بریندارەکان دەناڵێنن.
[٥٣] تەنانەت ئەگەر بابل بگاتە ئاسمانیش،
ئەگەر قەڵای خۆشی قاییم بکات،
تەفروتوناکەر لە دژی ئەو دەنێرم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[a] ٤١ ناوی نهێنی بابل بووە.

[٥٤]«دەنگی هاوار دێت لە بابل،
دەنگی شکستێکی گەورە
لە خاکی بابلییەکان.
[٥٥]یەزدان بابل تەفروتونا دەکات،
کۆتایی بە دەنگە مەزنەکەی دەهێنێت.
شەپۆلی دوژمنەکانیان وەک ئاوێکی زۆر
هەڵدەچێت،
دەنگیان هاژەی دێت.
[٥٦]تەفروتوناکەر دێتە سەر بابل،
پاڵەوانەکانی دەگیرێن،
کەوانەکانیان دەشکێنرێت،
چونکە یەزدان خودای سزادانە،
بە تەواوی سزا دەدات.
[٥٧]میر و دانا و پارێزگار و
فەرمانڕەوا و پاڵەوانەکانی سەرخۆش دەکەم،
هەتاهەتایە خەویان لێ دەکەوێت و بەئاگا
نایەن.»
ئەوە فەرمایشتی پاشایە، ناوی یەزدانی
سوپاسالارە.

[٥٨]یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:

«شوورا پانەکانی بابل بە تەواوی دەڕووخێنرێن،
دەروازە بەرزەکانیشی بە ئاگر دەسووتێنرێن.
گەلان بەخۆڕایی خۆیان ماندوو دەکەن و
ڕەنجی نەتەوەکانیش تەنها بۆ ئاگر دەبێت.»

[٥٩]ئەمە ئەو پەیامەیە کە یەرمیای پێغەمبەر دایە سەرایای کوڕی نێریا کوڕی مەحسێیا، سەرۆکی ئۆردوگا، کاتێک لە ساڵی چوارەمی پاشایەتییەکەی لەگەڵ سدقیای پاشای یەهودا چوو بۆ بابل. [٦٠]هەموو ئەوەی لەسەر بابل تۆمار کرابوو، لەگەڵ هەموو ئەو بەڵایەی بەسەری دێت یەرمیا نووسیبووی و کردبووی بە تۆمارێک، [٦١]بە سەرایای گوت: «کاتێک گەیشتییە بابل، دڵنیابە لە خوێندنەوەی تەواوی ئەم پەیامە بۆ خەڵکەکە، [٦٢]ئینجا بڵێ: ”ئەی یەزدان، تۆ فەرمووت ئەم شوێنە لەناودەبەیت، تاکو ئەوەی مرۆڤ و ئاژەڵی تێدا نامێنێت، هەتاهەتایە دەبێتە چۆڵەوانی.“ [٦٣]کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم تۆمارە بوویتەوە، بەردێکی پێوە ببەستە و فڕێیبدە ناو فورات. [٦٤]ئینجا بڵێ: ”بابل ئاوا نوقوم دەبێت و لەژێر ئەو بەڵایە ڕاست نابێتەوە کە من بەسەری دەهێنم، خەڵکەکەی شەکەت دەبن.“»

هەتا ئێرە وشەکانی یەرمیایە.

## ڕووخاندنی ئۆرشەلیم

٥٢ سدقیا گەنجێکی بیست و یەک ساڵان بوو کە بوو بە پاشا، یازدە ساڵ لە ئۆرشەلیم پاشایەتی کرد. دایکی ناوی حەموتەلی کچی یەرمیای خەڵکی لیڤنا بوو. [٢]ئەمیش لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، وەک هەموو ئەوەی یەهۆیاقیم کردی. [٣]لەبەر تووڕەیی یەزدان بوو کە ئەمانە لە ئۆرشەلیم و لە یەهودا ڕوویدا، هەتا ئەوەی لەبەردەم خۆیدا دەریکردن.

ئەوە بوو سدقیا لە پاشای بابل یاخی بوو.

[٤]ئیتر لە دەی مانگی دەی ساڵی نۆیەمی پاشایەتی سدقیا، نەبوخودنەسری پاشای بابل هەموو سوپاکەی بەرەو ئۆرشەلیم جوڵاند و لەوێ ئۆردوگای دامەزراند، لە چواردەوری قوڵلەی بنیاد نا. [٥]هەتا ساڵی یازدەیەمی پاشایەتی سدقیا شارەکە لەژێر گەمارۆدا بوو.

[٦]لە نۆی مانگی چواردا قاتوقڕی لە شارەکە هێندە سەخت بوو کە نان نەبوو گەلی خاکەکە بیخۆن. [٧]ئینجا شوورای شارەکە شکێنرا و هەموو جەنگاوەرەکان بە شەو بە ڕێگای دەروازەکەی نێوان دوو شووراکەی بەرامبەر باخچەی پاشادا هەڵاتن، هەرچەندە بابلییەکان لە چواردەوری شارەکە بوون. بە ڕێگای عەراڤادا[a] هەڵاتن، [٨]بەڵام سوپای بابلییەکان بەدوای سدقیای پاشا کەوتن، لە دەشتی ئەریحا پێی گەیشتن، هەموو سوپاکەی پەرتەوازە بوو، [٩]جا پاشایان بە دیل گرت.

بردییانە لای پاشای بابل لە ڕیڤلە، لە خاکی حەمات، ئەویش دادگایی کرد. [١٠]هەر لە ڕیڤلە پاشای

[a] ٧ عەراڤا: واتە دۆڵی ڕووباری ئوردون.

بابل کوڕەکانی سدقیای لەبەرچاوی باوکیان کوشت، ئینجا هەموو پیاوماقوڵانی یەهوداشی لەناوبرد. ١١پاشان هەردوو چاوی سدقیای دەرهێنا، بە زنجیری بڕۆنز کۆتی کرد، بردی بۆ بابل و هەتا ڕۆژی مردنی لە بەندیخانە بەندی کرد.

١٢لە دەی مانگی پێنجی ساڵی نۆزدەیەمی نەبوخودنەسری پاشای بابل، نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا، ئەوەی خزمەتی پاشای بابلی دەکرد، هاتە ئۆرشەلیم. ١٣پەرستگای یەزدان و کۆشکی پاشا و هەموو ماڵەکانی ئۆرشەلیم و هەموو تەلارە گرنگەکانی سووتاند. ١٤شووراکانی چواردەوری ئۆرشەلیمیش لەلایەن سوپای بابلییەکانەوە ڕووخێنران، ئەوانەی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانانی پاشا بوون. ١٥جا لە ڕەشوڕووتی گەل و پاشماوەی گەلیش ئەوانەی لە شارەکەدا مابوونەوە و ئەوانەی بۆ لای پاشای بابل هەڵاتبوون لەگەڵ پاشماوەی وەستاکان، نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ڕاپێچی کردن. ١٦بەڵام نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا هەندێك لە خەڵکی ڕەشوڕووتی لە خاکەکە هێشتەوە بۆ کارکردن لە ڕەزەمێو و کێڵگەکان.

١٧کۆڵەکە بڕۆنزییەکان و عەرەبانەکانی ئاوگواستنەوە و حەوزە بڕۆنزییەکە کە لە پەرستگای یەزدان بوون، بابلییەکان پارچەپارچەیان کردن، هەموو بڕۆنزەکەشیان بۆ بابل بارکرد، ١٨هەروەها مەنجەڵ و خاکەناز، مەقەست، تاس[a]، قاپەکان و هەموو ئەو قاپوقاچاغە بڕۆنزانەی لە خزمەتی پەرستگا بەکاردەهات. ١٩فەرماندەی پاسەوانانی پاشا تەشت و بخووردان، تاس، مەنجەڵ، چرادان، چەمچە و پەرداخەکانی برد. هەموو ئەوەی کە بە زێڕ و زیو دروستکرابوو بردی.

٢٠دوو کۆڵەکە و حەوزە بڕۆنزییەکە و دوازدە گا بڕۆنزییەکان کە لەژێر عەرەبانەکانی ئاو گواستنەوە بوون، ئەوەی سلێمانی پاشا بۆ پەرستگای یەزدان دروستی کردبوون، ئەو هەموو بڕۆنزە لە کێش نەدەهات. ٢١هەر کۆڵەکەیەك هەژدە باڵ[b] درێژییەکەی بوو، چێوەکەی دوازدە باڵ[c] بوو، ئەستووریشی چوار پەنجە بوو، کلۆر بوو. ٢٢تاجێکی بڕۆنز لەسەر کۆڵەکەکە بوو، بەرزی تاجەکە پێنج باڵ[d] بوو، کەتیبە و هەنارەکانیش لەسەر تاجەکە و لە چواردەوری هەمووی لە بڕۆنز بوون. بۆ هەر یەکێك لە کۆڵەکەکان هەمان شت هەبوو لەگەڵ هەنارەکان. ٢٣لە هەر لایەك نەوەد و شەش دانە هەنارەکان بوون، سەرجەمی هەنارەکان لەسەر هەر کەتیبەیەك لە چواردەوریدا سەد دانە بوون.

٢٤فەرماندەکەی پاسەوانانی پاشا سەرایای سەرۆك کاهین و سەفەنیای کاهینی دووەم و سێ دەرگاوانەکەی گرت. ٢٥لە شارەکەش ئەو ئەفسەرەی گرت کە لێپرسراوی جەنگاوەرەکان بوو، حەوت ڕاوێژکاری پاشاشی گرت. هەروەها خامەی نهێنی[e] سوپاسالاری گرت ئەوەی بەرپرسی بە سەربازکردن بوو، لەگەڵ شەست پیاو کە لە شارەکە بەرچاو کەوتن. ٢٦نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا ئەوانەی بردە ڕیڤلە بۆ لای پاشای بابل. ٢٧پاشای بابلیش لە ڕیڤلە لە خاکی حەمات کوشتنی.

ئینجا یەهودا لە خاکەکەی خۆی ڕاپێچ کرا. ٢٨ئەمانە ئەو خەڵکە بوون کە نەبوخودنەسر ڕاپێچی کرد:

لە ساڵی حەوتەم،
سێ هەزار و بیست و سێ جولەکە؛
٢٩لە ساڵی هەژدەمینی نەبوخودنەسریش،
هەشت سەد و سی و دوو کەس لە ئۆرشەلیم
ڕاپێچ کران؛

[a] ١٨ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٢٩ و زەکەریا ١٥:٩؛ ٢٠:١٤ و عیبرانییەکان ١٣:٩.

[b] ٢١ هەژدە باڵ: نزیکەی ٨,١ مەتر.

[c] ٢١ دوازدە باڵ: نزیکەی ٥,٤ مەتر.

[d] ٢٢ پێنج باڵ: نزیکەی ٢,٣ مەتر.

[e] ٢٥ ڕازپۆشێکی تایبەت بوو بە ناونووسینی پیاوانی ئیسرائیل بۆ سەربازی.

٣٠ئینجا لە ساڵی بیست و سێیەمی نەبوخودنەسر،
نەبوزەرەدانی فەرماندەی پاسەوانانی پاشا
حەوت سەد و چل و پێنج جولەکەی ڕاپێچ
کرد.
سەرجەمیان چوار هەزار و شەش سەد کەس
بوون.

## بەڕەڵاکردنی یەهۆیاکین

٣١لە ساڵی سی و حەوتەمینی ڕاپێچکردنی
یەهۆیاکین، ئەڤیل مەرۆدەخ بوو بە پاشای
بابل. هەر لەو ساڵە لە بیست و پێنجی دوازدە
یەهۆیاکینی پاشای یەهودای لە زیندان ئازاد کرد
و هێنایە دەرەوە. ٣٢بە باشی قسەی لەگەڵ کرد و
کورسییەکەی لە سەرووی کورسی ئەو پاشایانەوە
دانا کە لە بابل لەگەڵی بوون. ٣٣ئیتر یەهۆیاکین
بەرگی زیندانییەکەی گۆڕی و بە درێژایی ماوەی
ژیانی بەردەوام لەسەر خوانی پاشا نانی دەخوارد.
٣٤بە درێژایی ئەو ماوەیەی ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژ بژێوی
ڕۆژانەی لەلایەن پاشای بابلەوە پێدەدرا، هەتا ڕۆژی
مردنی.

# شینەکانی یەرمیا

**کورتە باسێك**

**خودایە، لە کاتی تووڕەبوونت بەزەییەکەی خۆت لەبیر بێت.**

پەڕتووکی شینەکانی یەرمیا سروودی ماتەمە کە نزیکەی سەدەی شەشەمی بەر لە زایین لە کاتی کەوتنی شاری ئۆرشەلیم یەرمیای پێغەمبەر بە سروشی ڕۆحی پیرۆز دایڕشتووە. یەرمیا بینەری هەموو ئەو ڕووداوانە بوو کە بەسەر شاری پیرۆزدا هات، لە کارەسات و ناخۆشی و وێران بوون، بە جوانی باسی کردوون، بە وردەکارییەوە باسی ئازارەکانی کردووە بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەوانەی سوودی لێ وەردەگرن، ئیتر کەس ناپرسێ: بۆچی کەس پێی ڕانەگەیاندین کە ئەو باجە گرانە دەدەین لە دەرئەنجامی یاخیبوونمان لە خودا. ئەو شینانە هیچ دڵنەواییەکی تێدا نەدەبوو ئەگەر ئەو نزایەی یەرمیا لە بەشی پێنج نەهاتبووایە، کە ئەو دەمەی کارەساتەکان بۆ دوای ئەوە تێدەپەڕێنێ، کاولبوونی ئۆرشەلیم بۆ ئەو ڕۆژەی پێی دەگوترێ ئۆرشەلیمی شکۆدار، چاوی بەرەو خودای خاوەن دەسەڵاتی هەتاهەتایی هەڵدەبڕێ، لێرەدا تەنها یەرمیا دڵنەوایی دێتەوە.

پەڕتووکی شینەکانی یەرمیا ڕاگەیاندنی تووڕەیی خودایە، ڕاستییەکی ئازاربەخشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە خودا بەڵێنی داوە گوناه سزا بدات، هەروەها نەزانی گەلی یەهودا کە خودایان تاقی کردەوە. لە هەموو ئەوانەش خراپتر، دەکرا کە خۆیان لەو ڕووداوە لابدەن، بەڵام گەل و بەرپرسەکانیان خۆیان لە هەموو ئاگادارکردنەوەیەك کەڕ کرد. هەموو ڕۆژێك دڵسۆزی خودا نوێ دەبێتەوە و هەرگیز بەزەییەکەی کۆتایی نایەت (٣:٢٢-٢٣). ئەگەر خەڵکی یەهودا لەو ڕاستییە تێبگەیشتبانایە ئەوا خۆیان لەو کارەساتە دەپاراست. ئاگادارکردنەوە و بەڵێن کە لەم پەڕتووکە هاتوون دەبێ بە گەورەیی لەسەر ڕووی ئاسمان بنووسرێت بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ببینێ.

لەدوای ڕاپێچانی خەڵکی یەهودا و لەناوچوونی ئۆرشەلیم یەرمیای پێغەمبەر بەو قەسیدەیە بۆ ئۆرشەلیم دەیلاواندەوە و شینی بۆ دەگێڕا. دێڕەکانی بە پیتی عیبری لەدوای یەك دەستپێدەکات.

١ چۆن ئەم شارە بەجێهێڵراوە،
ئەوەی پڕبوو لە خەڵك!
چۆن وەك بێوەژنی لێهات،
ئەوەی لەناو نەتەوەکان مەزن بوو!
ئەوەی لەنێو هەرێمەکان شاژن بوو
ئێستا بووەتە کەنیزە!

٢ بە شەو بەکوڵ دەگرییێت،
فرمێسکی لەسەر گۆناکانییەتی.
لەناو هەموو دۆستانی
کەس نییە دڵنەوایی بکات.
هەموو دڵدارانی ناپاکییان لەگەڵ کرد،
بوون بە دوژمنی.

٣ لەدوای زەلیلی و کۆیلایەتی سەخت،
یەهودا ڕاپێچ کرا،
لەنێو نەتەوەکان نیشتەجێ دەبێت،
شوێنی ئارام نابینێتەوە.
ئەوانەی ڕاوی دەنێن
لە ناوەڕاستی تەنگانەدا پێی دەگەن.

٤ ئەو ڕێگایانەی بەرەو سییۆنن شین دەگێڕن،
لەبەر ئەوەی کەس بۆ جەژنەکان نایەت.
هەموو دەروازەکانی چۆڵ دەکرێن،
کاهینەکانی دەناڵێنن،
پاکیزەکانی خەمبارن،
ئەویش تاڵی دەچێژێت.

٥ ناحەزەکانی بوونە بە گەورەی ئەو،
دوژمنەکانی سەرکەوتوون،
چونکە یەزدان خەمباری کرد،
لەبەر زۆری گوناهەکانی

منداڵەکانی بەرەو خاکی غەریبی بردران،
دوژمنەکانیان ڕاپێچیان کردن.

٦ سییۆنی کچ[a]
هەموو جوانییەکەی ڕۆیشت.
میرەکانی وەك ئاسکیان لێهاتووە
لەوەڕگایان دەست ناکەوێت،
بە بێهێزی دەڕۆن
لەبەردەم ئەوانەی ڕاویان دەنێن.

٧ لە ڕۆژانی زەلیلی و سەرگەردانی،
ئۆرشەلیم هەموو خۆشییەکانی خۆی بەبیر
هاتەوە،
کە لە دێرزەمانەوە بوون.
کاتێك گەلەکەی کەوتنە دەستی دوژمن،
کەس نەبوو بە هانایەوە بێت.
دوژمنان تەماشایان کرد،
بە ڕووخانەکەی پێکەنین.

٨ ئۆرشەلیم بە تەواوی گوناهی کرد
لەبەر ئەوە گڵاو بوو.
هەموو ئەوانەی ڕێزیان لێی دەگرت سووکایەتی
پێ دەکەن،
چونکە ڕووتی ئەویان بینی.
ئەویش دەناڵێنێت
بەرەو دواوە ڕوو وەردەگێڕێت.

٩ گڵاوییەکەی بە دامێنییەوە بوو،
بیری لە چارەنووسی خۆی نەکردەوە.
کەوتنەکەی سامناك بوو،
کەس نەبوو دڵنەوایی بکات.
«ئەی یەزدان، تەماشای زەلیلیم بکە،
چونکە دوژمن سەرکەوت.»

١٠ دوژمن دەستی درێژکردووە
بۆ سەر هەموو گەنجینەکانی،
نەتەوەکانی بینی
هاتنە ناو پیرۆزگاکەیەوە،
ئەوانەی تۆ فەرمانت دا
نەیێنە ناو کۆمەڵەکەی تۆوە.

١١ سەراپای خەڵکەکەی دەناڵێنن و
بەدوای ناندا دەگەڕێن،
گەنجینەکانی خۆیان بە خواردن دەدەن
بۆ ئەوەی گیانیان بەبەردا بێتەوە.
«ئەی یەزدان، تەماشا بکە و ببینە،
چونکە سووك بووم.»

١٢ «ئایا هیچ بۆ ئێوە نییە، ئەی هەموو ڕێبوارەکان؟
تەماشای دەوروبەر بکەن و ببینن.
هیچ ئازارێك هەیە وەك ئازارەکەی من،
ئەوەی کە تووشی منی کرد،
ئەوەی کە یەزدان بەسەری هێنام،
لە ڕۆژی جۆشانی تووڕەییەکەی.

١٣ «لە سەرەوە ئاگری نارد،
بۆ ناو ئێسکەکانم دایبەزاند،
تۆڕی بۆ قاچەکانم دانایەوە
منی بەرەو پاش گەڕاندەوە.
منی وێران کرد،
داهێزراو بە درێژایی ڕۆژ.

١٤ «گوناهەکانم وەك نیر[b] خرانە سەرم،
بە دەستەکانی ئەو هۆنرانەوە.
گوناهەکانم خرانە سەر ملم و
خودا هێزی لێ بڕیم.
پەروەردگار منی ڕادەستی کەسانێك کرد
کە ناتوانم بەرەنگاریان ببمەوە.

١٥ «پەروەردگار هەموو پاڵەوانەکانی ڕەتکردەوە
کە لەناو مندا بوون.
لەشکرێکی لە دژی من بانگکرد
بۆ تێکشکاندنی گەنجەکانم.
پەروەردگار یەهودای کچە پاکیزەی
لەناو گوشەر پلیشاندەوە.

[a] ٦ دەربڕینێکی خوازەیە بۆ پایتەخت، مەبەست لە هەموو دانیشتووانی شارەکەیە.

[b] ١٤ مەبەستی لە بارگرانییە.

١٦ «لەسەر ئەمەیە من دەگریێم،
چاوەکانم فرمێسك دەڕێژن،
ئەوەی دڵنەواییم دەکات لێم دوورکەوتووەتەوە،
کەس نییە گیان ببوژێنێتەوە.
کوڕەکانم وێران بوون،
لەبەر ئەوەی دوژمن زاڵ بوو.»

١٧ سییۆن دەستەکانی پان دەکاتەوە،
بەڵام کەس نییە دڵنەوایی بکات.
یەزدان فەرمانی دا لە دژی یاقوب
کە دراوسێکانی دوژمنی ئەو بن.
ئۆرشەلیم لەناویاندا
گڵاو بوو.

١٨ «یەزدان ڕاستودروستە،
بەڵام من لە دژی فەرمانی ئەو یاخی بووم.
ئەی هەموو گەلان، گوێ بگرن،
تەماشای ئازارەکانم بکەن.
پاکیزە و لاوەکانم
ڕاپێچ کران.

١٩ «هاوارم بردە لای هاوپەیمانەکانم،
بەڵام هەڵیانخەڵەتاندم.
کاهین و پیرەکانم
لە شاردا لەناوچوون
لەو کاتەی بەدوای خۆراکدا دەگەڕان
بۆ ئەوەی لە ژیانیان بەردەوام بن.

٢٠ «ئەی یەزدان، ببینە، من لە تەنگانەدام!
دڵم توندە،
من لە ناخەوە پەستم،
چونکە زۆر یاخی بووم.
لە دەرەوە شمشێر دەستبەکارە،
لە ماڵەوەش تەنها مردن هەیە.

٢١ «خەڵكناڵەی منیان بیست،
بەڵام کەس نییە دڵنەواییم بکات.
هەموو دوژمنەکانم بەڵای منیان بیست،
دڵخۆش بوون بەوەی تۆ بە منت کردووە.
خۆزگە ئەو ڕۆژەت بەسەردەهێنان کە باست کرد،
ئینجا وەك منیان لێدێت.

٢٢ «با هەموو خراپەکانیان بێنە بەردەمت،
وایان بەسەربهێنە
وەك ئەوی بەسەر منت هێنا
لەسەر هەموو گوناهەکانم.
زۆر دەناڵێنم و
دڵم لاواز بووە.»

٢ چۆن پەروەردگار سییۆنی کچی داپۆشی
بە هەوری تووڕەییەکەی!
لە ئاسمانەوە شکۆی ئیسرائیلی فڕێدا
بۆ سەر زەوی،
لە ڕۆژی تووڕەییدا
تەختەپێی خۆی بەبیر نەهێنایەوە.

٢ پەروەردگار بەزەیی نەهاتەوە،
هەموو نشینگەکانی یاقوبی هەڵلووشی،
بە تووڕەیی خۆی
قەڵاکانی یەهودای کچی ڕووخاند.
پاشایەتی و میرەکانی زەلیل کرد
دایگرتنە سەر زەوی.

٣ بە گڕی تووڕەیی خۆی بڕییەوە
هەموو هێزی ئیسرائیل.
دەستە ڕاستی بەرەو دواوە کێشایەوە
لەبەردەم دوژمن.
ئاگرێکی بەتینی لەناو یاقوبدا داگیرساند،
هەموو دەوروبەرەکەی دەخوات.

٤ وەك دوژمنێك کەوانەکەی خۆی ڕاکێشا،
دەستە ڕاستی ئامادە کرد.
وەك ناحەز لەناوی برد
هەموو ئەوەی چاو ئارەزووی دەکرد.
لەناو چادرەکەی سییۆنی کچ
تووڕەیی خۆی وەك ئاگر ڕشت.

٥ پەروەردگار وەك دوژمنی لێهات،
ئیسرائیلی هەڵلووشی.

هەموو کۆشکەکانی ئەوی هەڵلووشی،
قەڵاکانی ڕووخاند.
شیوەن و ماتەمی زۆر کرد
بۆ یەهودای کچ.

٦ کەپرەکەی تێکدا، وەك باخچەیەك نەما،
شوێنی کۆبوونەوەکەی ڕووخاند.
یەزدان وای کرد سییۆن لەبیری بچێتەوە
ڕۆژی شەممە و جەژنەکان.
بە تووڕەیی خۆی
پاشا و کاهینی ڕەتکردەوە.

٧ پەروەردگار قوربانگاکەی خۆی ڕەتکردەوە،
وازی لە پیرۆزگاکەی خۆشی هێنا.
دیواری کۆشکەکانی
ڕادەستی دوژمنەکانی کرد.
لەناوماڵی یەزدان دەنگیان هەڵبڕی
وەك لە ڕۆژی جەژندا.

٨ شووراکانی سییۆنی کچ
یەزدان مەبەستی بوو بیڕووخێنێت.
بە گوریس پێوای و
دەستی لە وێرانکردنی نەگێڕایەوە.
سەنگەر و دیواری هێنایە گریان و
پێکەوە ڕووخان.

٩ دەروازەکانی نوقومی زەوی بوون،
شمشیرەکانی[a] لەناوبرد و شکاندی.
پاشا و میرەکانی بۆ نێو گەلان ڕاپێچ کراون،
فێرکردنی موسا نەماوە،
هەروەها پێغەمبەرەکانیشی
هیچ بینینێکیان لەلایەن یەزدانەوە بۆ ئاشکرا
نەکراوە.

١٠ پیرەکانی شاری سییۆن
بە کپی لەسەر زەوی دادەنیشن،
خۆڵ بەسەر سەریاندا دەکەن،
جلوبەرگی گوش[b] لەبەر دەکەن.
پاکیزەکانی ئۆرشەلیم
سەریان دادەنەوێنن.

١١ چاوەکانم ماندووبوون لە فرمێسك ڕشتن،
دڵم توندە،
جەرگ بڕاوم
لەبەر ئەوەی گەلەکەم وێران بوو،
لەبەر بوورانەوەی منداڵان و شیرەخۆران
لەناو گۆڕەپانەکانی شاردا.

١٢ بە دایکیان دەڵێن:
«کوا نان و ئاو[c]؟»
کاتێك وەك بریندار
لەناو گۆڕەپانەکانی شاردا دەبوورێنەوە،
کاتێك ڕۆحیان دەردەچێت
لەناو باوەشی دایکیان.

١٣ چیت پێ بڵێم؟
ئەی ئۆرشەلیمی کچ،
بە چیت بچووێنم؟
بە چی بەراوردت بکەم،
بۆ ئەوەی دڵت بدەمەوە،
ئەی سییۆنی کچە پاکیزە؟
وێران بوونت وەك دەریا قووڵە.
کێ دەتوانێت چاکت بکاتەوە؟

١٤ بینینی خودایی بۆ پێغەمبەرەکانت
درۆ و فریودەر بوو،
تاوانی تۆیان دەرنەخست
بۆ ئەوەی لە ڕاپێچکردن بتپارێزن.
بەڵکو سروشی[d]
درۆ و هەڵخەڵەتێنەریان بە تۆ گەیاند.

[a] ٩ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

[b] ١٠ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

[c] ١٢ عیبری: نان و شەراب، دەربڕینێکە مەبەستی لێی خۆراکە بۆ بژێوی مرۆڤ.

[d] ١٤ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

١٥ هەموو ئەوەی بەوێدا تێدەپەڕێت
بە گاڵتەپێکردنەوە چەپڵەت بۆ لێدەدات،
فیکە لێ دەدەن و سەر بادەدەن
لەبەر ئۆرشەلیمی کچ،
دەڵێن: «ئەمە شارەکەیە
کە پێی دەگوترا تەواوی جوانی و
مایەی دڵخۆشی هەموو زەوییە؟»

١٦ هەموو دوژمنەکانت
دەمیان لێت دەکرێتەوە،
فیشکەیان دێت و ددانیان لێت جیڕدەکەنەوە،
دەڵێن: «هەڵمانلووشی.
بێگومان ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕوانی بووین،
پێی گەیشتین و بینیمان.»

١٧ یەزدان ئەوەی مەبەستی بوو کردی،
قسەی خۆی بەجێگەیاند،
ئەوەی لە ڕۆژانی کۆنەوە بەڵێنی پێیدا.
بەبێ بەزەیی تۆی ڕووخاند،
دوژمنی پێت خۆشکرد،
هێزی ناحەزانی تۆی پتەو کرد.

١٨ دڵی خەڵکەکە
بۆ پەروەردگار هاوار دەکات.
ئەی شووراکانی سییۆنی کچ،
با فرمێسکەکانت وەك ڕووبار بڕژێت
بە شەو و بە ڕۆژ.
خۆت مەبووژێنەوە،
چاوەکانت پشوو نەدات.

١٩ هەستە، بە شەو هاوار بکە،
لەگەڵ دەستپێکردنی ئێشکگرتن.
وەك ئاو دڵت هەڵبڕێژە
لەبەردەم پەروەردگار.
دەستت بۆی بەرز بکەوە
لە پێناوی ژیانی منداڵەکانت،
ئەوانەی لە برسان بووراونەتەوە
لەسەر سووچی هەموو شەقامەکان.

٢٠ «ئەی یەزدان، ببینە و تێڕابمێنە،
ئەمەت بە کێ کردووە؟
ئایا ژن بەری سکی خۆی دەخوات،
منداڵی باوەشی؟
ئایا کاهین و پێغەمبەر
لە پیرۆزگای پەروەردگار دەکوژرێت؟

٢١ «گەنج و پیر پێکەوە پاڵکەوتن
لەسەر زەوی شەقامەکان،
پاکیزە و لاوەکانم
بە شمشێر کوژراون.
لە ڕۆژی تووڕەییتدا ئەوانت کوشت،
ئەوانت بەبێ بەزەیی سەربڕی.

٢٢ «هەروەك بۆ ڕۆژی جەژن بانگهێشتت کردبن،
ئاوا لە دژی من لە هەموو لایەکەوە بانگی
تۆقینت کرد.
لە ڕۆژی تووڕەیی یەزدان
کەس ڕاینەکرد و کەس دەرباز نەبوو،
ئەوانەی لە باوەشم کردن و بەخێوم کردن،
دوژمن لەناوی بردن.»

٣ من ئەو پیاوەم کە زەلیلیم بینی
بە گۆچانی تووڕەیی ئەو.
٢ منی بە پێش خۆی دا و
منی بە تاریکاییدا برد، بەبێ هیچ ڕووناکییەك.
٣ بێگومان، دەستی لە دژی من بەرزدەکاتەوە
بە بەردەوامی و بە درێژایی ڕۆژ.

٤ گۆشت و پێستی منی پیرکرد،
ئێسکەکانی شکاندم.
٥ دەوری گرتم و گەمارۆی دام
بە ژەهر و ناخۆشی.
٦ ناچاری کردم لەناو تاریکیدا نیشتەجێ بم
وەك ئەوانەی لەمێژە مردوون.

٧ لەناو پەرژینێك بەندی کرد بۆ ئەوەی نەتوانم
هەڵبێم،
زنجیرەکانی منی قورس کرد.

٨ هەروەها کاتێك هاوار دەکەم و داوای فریاکەوتن دەکەم،
بەڵام نزاکانم ڕادەگرێت.
٩ بەردی تاشراوی کەڵەکە کرد و ڕێگای منی پێ گرت،
ڕێڕەوەکانی منی خواروخێچ کرد.

١٠ وەك ورچێك بۆم لە بۆسەدایە،
وەك شێرێك خۆی مات دەکات،
١١ منی لەڕێ لادا و پارچەپارچەی کردم،
منی وێران کرد.
١٢ کەوانەکەی ڕاکێشا
منی کردە نیشانەی تیرەکانی.

١٣ تیرەکانی تیردانەکەی
لە دڵم چەقاند.
١٤ هەموو گەلەکەم سووکایەتیم پێ دەکەن،
بە درێژایی ڕۆژ بە گۆرانی گاڵتەم پێ دەکەن.
١٥ تێری کردم لە تاڵی،
زەقنەبووتی دەرخوارد دام.

١٦ بە چەو ددانەکانی منی وردوخاش کرد،
منی لەناو خۆڵەمێش پەستایەوە.
١٧ من لە ئاشتی بێبەش کراوم،
سەرکەوتنم لەبیرچووەوە.
١٨ ئینجا گوتم، «شکۆمەندیم نەما،
هەروەها هیوام بە یەزدان بڕا.»

١٩ دێتەوە بیرم، ڕۆژانی زەلیلی و سەرگەردانیم،
وەك ژەهر و زەقنەبووت بوون.
٢٠ بە باشی بەبیرم دێتەوە،
لە ناخەوە ڕۆحم خەمبارە.
٢١ بەڵام ئەوە دەهێنمەوە یادم و
لەبەر ئەوە هیوام هەیە:

٢٢ بەهۆی خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدانە کە لەناونەچووین،
چونکە بەزەییەکەی تەواو نابێت.
٢٣ ئەوانەت هەموو بەیانییەك نوێن؛
دڵسۆزییەکەت چەند گەورەیە.
٢٤ بە خۆم دەڵێم: «یەزدان بەشی منە،
لەبەر ئەوە هیوام بەوە.»

٢٥ یەزدان چاکە بۆ ئەوانەی هیوایان بەو هەیە،
بۆ ئەو کەسەی داوای ئەو دەکات.
٢٦ باشە بۆ کەسێك بە بێدەنگی چاوەڕێ بکات
بۆ هاتنی ڕزگاریی یەزدان.
٢٧ باشە پیاو نیر هەڵبگرێت
هەر لە تەمەنی منداڵییەوە.

٢٨ با بە تەنها دانیشێت و بێدەنگ بێت،
چونکە یەزدان ئەمەی بەسەرهێناوە.
٢٩ با سەری بخاتە ناو خاکوخۆڵ،
لەوانەیە هێشتا هیوای مابێت.
٣٠ با ڕوومەتی بۆ ئەوە ڕابگرێت کە لێی دەدات،
با تێربێت لە ڕیسوایی.

٣١ چونکە کەس بۆ هەتاهەتایە
لەلایەن پەروەردگارەوە ڕەت ناکرێتەوە.
٣٢ لەگەڵ ئەوەی دڵتەنگی دەهێنێت، میهرەبانیش نیشان دەدات،
بەپێی گەورەیی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی.
٣٣ چونکە کەس لە دڵەوە زەلیل ناکات و
دڵتەنگی ناکات.

٣٤ تێکشکاندنی دیلەکانی هەموو زەوی
لەژێر پێ،
٣٥ یان بێبەشکردنی کەسێك لە مافی خۆی
لەبەردەم خودای هەرەبەرز،
٣٦ یان بەدوورگرتنی مرۆڤ لە دادپەروەری،
ئایا پەروەردگار هەموو ئەمانە نابینێت؟

٣٧ کێ دەتوانێت قسە بکات قسەکەی بێتەجێ،
ئەگەر پەروەردگار فەرمانی نەدابێت؟
٣٨ ئایا ڕوودانی چاکە و خراپە
بە فەرمایشتی خودای هەرەبەرز نییە؟
٣٩ بۆچی مرۆڤی زیندوو گلەیی بکات
کاتێك لەسەر گوناهەکانی سزا دەدرێت؟

٤٠ با هەڵسوکەوتمان بپشکنین و تاقی بکەینەوە و
بگەڕێینەوە بۆ لای یەزدان.
٤١ با دڵ و دەستمان بەرزبکەینەوە
بۆ خودا لە ئاسمان، بڵێین:
٤٢ «ئێمە گوناهمان کرد و یاخی بووین،
تۆش لێمان خۆش نەبوویت.

٤٣ «خۆت بە تووڕەیی داپۆشی و ڕاوتناین،
بەبێ بەزەیی ئێمەت کوشت.
٤٤ بە هەور خۆت داپۆشی
بۆ ئەوەی نوێژەکانمان نەگاتە لات.
٤٥ ئێمەت کرد بە پاشەڕۆ و نەویستراو
لەنێو گەلان.

٤٦ «هەموو دوژمنانمان
دەمیان لێمان کردەوە.
٤٧ ترس و تەڵە باڵی بەسەرماندا کێشا،
لەناوچوون و وێرانی.»
٤٨ چاوەکانم کانی فرمێسك هەڵدەڕێژن
لەبەر ئەوەی گەلەکەم لەناوچوون.

٤٩ چاوەکانم فرمێسك هەڵدەڕێژن و ناوەستن
بەبێ پسانەوە،
٥٠ تاوەکو یەزدان لە ئاسمانەوە
تەماشای خوارەوە بکات و ببینێت.
٥١ ئەوەی دەیبینم گیانم ئازار دەدات
لەبەر ئازاری کچانی شارەکەم.

٥٢ ئەوانەی دوژمنی من بوون بەبێ هۆ
وەك چۆلەکە ڕاویان کردم.
٥٣ بە زیندوویێتی منیان فڕێدا ناو چاڵ،
بەردیان تێمگرت.
٥٤ نوقومی ئاو بووم،
گوتم: «خەریکە بمرم.»

٥٥ ئەی یەزدان، لە قووڵایی چاڵەوە
بە ناوی تۆوە نزا دەکەم.
٥٦ گوێت لە دەنگم بوو:
«گوێت دامەخە کاتێك هاوار و هانات بۆ
دەهێنم.»
٥٧ ئەو ڕۆژەی نزام بۆ کردیت نزیك بوویتەوە،
فەرمووت: «مەترسە!»

٥٨ ئەی پەروەردگار، بەرگریت لە کێشەی من کرد،
ژیانی منت کڕییەوە.
٥٩ ئەی یەزدان، ستەمدیدەیی منت بینی.
دادوەری کێشەکەم بکە!
٦٠ هەموو تۆڵەسەندنەوەکەی ئەوانت بینی،
هەموو پیلانەکانیان لە دژی من.

٦١ ئەی یەزدان، گوێت لە ڕیسواکردنەکەیان بوو،
هەموو پیلانەکانیان لە دژی من؛
٦٢ ئەوەی دوژمنەکانم بە درێژایی ڕۆژ لە دژی من
باسی دەکەن و دەیچرپێنن.
٦٣ تەماشایان بکە! هەستان و دانیشتنیان،
بە گۆرانییەکانیان گاڵتەم پێ دەکەن.

٦٤ ئەی یەزدان، سزایان بدە،
بەپێی کردەوەکانی دەستیان.
٦٥ پێچە لەسەر دڵیان دابنێ،
با نەفرەتت لەسەریان بێت!
٦٦ بە تووڕەییەوە ڕاویان بنێ و لەناویان ببە
لەژێر ئاسمانی یەزداندا.

٤

چۆن زێڕ ڕەونەقی خۆی لەدەستدات،
زێڕی بێگەرد گۆڕا!
بەردەکانی پیرۆزگا پەرشوبڵاو بوونەوە
لەسەر سووچی هەموو شەقامێك.

٢ چۆن کوڕە بەهادارەکانی سییۆن،
ئەوانەی بە زێڕی بێگەرد دەکێشران،
ئێستا بە گۆزەی گڵ دانران،
دەستکردی دەستی گۆزەکەر!

٣ تەنانەت چەقەڵەکانیش گوانیان دەدەنە
تووڵەکانیان
بۆ ئەوەی شیریان پێبدەن،
بەڵام گەلەکەی من دڵڕەقە

وەك وشترمرغ لە چۆڵەوانی.

٤ لەبەر تینوویەتی
شیرەخۆرە زمانی بە مەڵاشوویەوە نووسا.
منداڵەکان داوای نان دەکەن،
بەڵام کەس نییە بۆیان بشکێنێت.

٥ ئەوانەی خواردنی خۆشیان دەخوارد
لە شەقامەکاندا وێران بوون،
ئەوانەی لەناو جلوبەرگی ئەرخەوانی بەخێو
دەکران
لەسەر زبڵدانەکان پاڵ دەدەنەوە.

٦ سزای تاوانی گەلەکەم گەورەتر بوو
لە سزای گوناهەکەی سەدۆم،
ئەوەی لە چرکەیەکدا سەرەوژێر بوو
بێ ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت.

٧ میرەکانیان لە بەفر بێگەردتر بوون،
لە شیر سپیتر بوون،
جەستەیان لە یاقووت[a] سوورتر بوو،
وەك یاقووتی شین[b] بوون.

٨ بەڵام ئێستا ڕەنگیان لە ڕەژوو ڕەشترە،
لە شەقامەکاندا ناناسرێنەوە.
پێستیان بە ئێسکیانەوە نووسا
وەك تەختەدار وشك هەڵگەڕا.

٩ ئەوانەی بە شمشێر کوژران باشتر بوون
لەوانەی بە قاتوقڕی مردن.
ئەوانە بە برسییەتی ئازاریان چێشت
چونکە خواردن لە کێڵگە نەبوو.

١٠ دایکە میهرەبانەکان
بە دەستی خۆیان منداڵەکانیان لێنا،
بوونە خۆراکیان
کاتێك گەلەکەم لەناوچوو.

١١ یەزدان تووڕەیی خۆی دەردەبڕێت،
هەڵچوونی بە جۆشی خۆی هەڵدەڕێژێت.
ئاگرێکی لە سییۆن بەرپا کرد
بناغەکانی سووتاند.

١٢ پاشاکانی زەوی و هەموو دانیشتووانی جیهان
باوەڕیان نەکرد
کە دوژمن و ناحەز
دێنە ناو دەروازەکانی ئۆرشەلیمەوە.

١٣ بەڵام ڕوویدا، لەبەر گوناهی پێغەمبەرەکانی[c] و
تاوانی کاهینەکانی،
ئەوانەی لەناوەڕاستیدا
خوێنی ڕاستودروستان دەڕێژن.

١٤ بە شەقامەکاندا وێڵ بوون
وەك کوێر.
خۆیان بە خوێن گڵاوکرد،
کەس ناتوانێت دەست لە جلەکانیان بدات.

١٥ خەڵك هاواریان لێ دەکەن: «ئەی گڵاوەکان،
دووربکەونەوە!
دووربکەونەوە! دووربکەونەوە، دەستمان لێ
مەدەن!»
کاتێك ڕایانکرد و وێڵ بوون،
لەناو گەلاندا گوتیان،
«جارێکی دیکە ناتوانن لێرە نیشتەجێ بن.»

١٦ یەزدان خۆی پەرتەوازەی کردن،
ئیتر چاودێرییان ناکات.
خەڵك ڕێزیان لە کاهینەکان نەگرت،
لەگەڵ پیرەکان میهرەبان نەبوون.

١٧ سەرباری ئەمەش، ئێمە چاومان کزبوو
بێهوودە لە چاوەڕوانی یارمەتی،
لە قوللەکانمان چاوەڕێ بووین
بۆ گەلێك کە ناتوانێت ڕزگارمان بکات.

١٨ تەڵەیان بۆ هەنگاوەکانمان ناوەتەوە

---

[a] ٧ یاقووت: گەوهەری سووری تێر.

[b] ٧ یاقووتی شین: دەشێت وەك لاجیوەرد بێت.

[c] ١٣ مەبەستی لەوانەیە کە خۆیان وەك پێغەمبەر دەناساند و لە ڕاستیشدا پێغەمبەر نەبوون. بڕوانە ئیرمیا ٣١:٥؛ ١٣:٦.

بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانەکانماندا هاتوچۆ نەکەین.
کۆتاییمان نزیك بووەوە، چەند ڕۆژێکمان ماوە،
چونکە کۆتاییمان هات.

١٩ ئەوانەی ڕاویان دەناین سووکتر بوون
لە هەڵۆکانی ئاسمان،
بەسەر چیاکاندا شوێنمان کەوتن،
لە چۆڵەوانیدا بۆسەیان بۆمان نایەوە.

٢٠ پاشای دەستنیشانکراوی یەزدان، ئەوەی
هەناسەی ژیانمانە،
لە بۆسەکانیان گیرا،
ئەوەی گوتمان، لە سێبەری ئەودا
لەنێو گەلان دەژین.

٢١ ئەی کچی ئەدۆم، دڵخۆش و دڵشادبە،
ئەی دانیشتووانی خاکی عوچ.
بەڵام جامەکە بەسەر تۆشدا تێدەپەڕێت،
سەرخۆش دەبیت و ڕووت دەبیتەوە.

٢٢ ئەی سییۆنی کچ، سزای تاوانەکەت تەواو دەبێت،
ڕاپێچکراوییەکەت درێژ ناکاتەوە.
بەڵام ئەی ئەدۆمی کچ، سزای تاوانەکەی تۆ
دەدات،
گوناهەکەت ئاشکرا دەکات.

٥ ئەی یەزدان، بەبیرت بێتەوە چیمان
بەسەرهات،
تەماشا بکە و ڕیسواییەکەمان ببینە.
٢ میراتەکەمان بۆ نامۆکان بوو،
ماڵمان بۆ بێگانە.
٣ هەتیو و بێ باوك بوون،
دایکانمان وەك بێوەژنن.
٤ دەبێ ئەو ئاوە بکڕین کە دەیخۆینەوە
دارەکانمان بە نرخ بۆمان دێت.
٥ ئەوانەی ڕاومان دەنێن زۆر نزیك بوونەوە،
ماندوو دەبین و حەوانەوەمان نییە.
٦ دەستمان لە میسری و ئاشورییەکان پانکردەوە
بۆ بەدەستهێنانی نانی پێویست.
٧ باوکانمان گوناهیان کرد، نەمان،
ئێمەش سزاکەیان وەردەگرین.
٨ کۆیلەکان فەرمانڕەوایەتیمان دەکەن،
کەس نییە لە دەستیان ڕزگارمان بکات.
٩ بەهۆی شمشێر لە چۆڵەوانی ژیانمان لە
مەترسیدایە
هەتا بژێوی پەیدا دەکەین.
١٠ پێستمان وەك تەنوور سووتاوە،
لەبەر برسییێتی برژاوین.
١١ لە سییۆن دەستدرێژییان کردە سەر ژنان،
پاکیزەکانیش لە شارۆچکەکانی یەهودا.
١٢ میران بە دەستیانەوە هەڵدەواسرێن،
ڕێز لە پیران ناگیرێت.
١٣ لاوانیان دەهاڕدرێن،
منداڵان لەژێر بارەداردا بەلادادێن.
١٤ پیران دەستیان لە دەروازە هەڵدەگرن،
لاوانیش وازیان لە گۆرانی هێنا.
١٥ خۆشی دڵمان نەما،
شاییمان بوو بە شیوەن.
١٦ تاجی سەرمان کەوت.
قوڕبەسەرمان، چونکە گوناهمان کرد!
١٧ لەبەر ئەم شتانە دڵمان داهێزرا،
لەبەر ئەم ڕووداوانە بەرچاومان تاریك بوو،
١٨ لەبەر کێوی سییۆن، وێران بوو،
چەقەڵ هاتوچۆی تێدا دەکەن.

١٩ ئەی یەزدان، تۆ بۆ هەتاهەتایە حوکم دەکەیت،
تەختی تۆ نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێت.
٢٠ بۆچی بەردەوام لەبیرمان دەکەیت؟
بۆچی کاتێکی درێژ بەجێمان دەهێڵیت؟
٢١ ئەی یەزدان، بمانگەڕێنەوە بۆ لای خۆت، هەتا
بگەڕێینەوە،
وەك جاران ڕۆژانمان نوێ بکەرەوە،
٢٢ یان تۆ زۆر لێمان تووڕە بوویت و
بە تەواوی ئێمەت ڕەتکردووەتەوە؟

# حزقیێل

**کورتە باسێك**

**کاتێك خەڵك لە فەرمانی خودا لایاندا، خودا لە یەهودا و ئیسرائیلدا دادپەروەری پەیڕەو کرد، پاشان خودا شارەکەی بنیاد نایەوە.**

حزقیێل یەکێك بوو لە نەوەی کاهینان هەروەها یەکێك بوو لەوانەی لە ساڵی ٥٩٧ پ. ز. لە شاری پیرۆزەوە بۆ بابل ڕاپێچ کران، لەوێ خودا هەڵیبژارد ببێتە پێغەمبەر. بە سروشی ڕۆحی پیرۆز ئەو پەیامەی بۆ نارد بۆ ئەوەی ببێتە ئاگادارکەرەوەیەك بۆ سزای ئەوانەی لە ئۆرشەلیم ماونەتەوە. ئاگادارکردنەوەکانی لەلایەن ئەو خەڵکەی گەلی خودا لە خاکی دیلییێتی بوون شایانی گوێ لێگرتن نەبوون، کاتێك پێشبینییە خەمبارەکانی بە وێرانبوونی ئۆرشەلیم هاتنەدی لە ساڵی ٥٨٦ پ. ز. خەڵکی بە ڕاستگۆییەوە گوێیان لێی دەگرت. لەو ماوەیەدا پەیامەکانی گۆڕانیان بەسەردا هات، لە پەیامێکەوە کە بانگەوازی سزای خودای دەکرد بۆ پەیامێك پڕ بوو لە دڵنەوایی و هیوا. لەوێدا کاتی ئەوە هات پلان و هێڵکاری سەرەتایەکی نوێ دابڕێژرێت. حزقیێل خۆی وەك شوان و ڕابەری گەلی ئیسرائیل دەبینی. وەك شوان پێویست بوو لەسەری کە گەلەکەی بپارێزێت، وەك چاودێرێکیش کە لە ترسناکییەکان ئاگاداریان بکاتەوە.

پەیامی حزقیێل لەسەر بنەمای پیرۆزی نەگۆڕی خودا بنیاد نراوە. لە هەمان کاتدا بەڵێن و ئاگادارکردنەوە لەخۆ دەگرێت. ئاگادارکردنەوەیە لەبەر ئەوەی خودا بەڵێنی داوە سزای گوناه بدات و ئەوەش هەر دەبێت بێتە دی. هەروەها بەڵێنە چونکە خودا بەڵێنی داوە هەردەم دڵسۆز بێ بۆ خۆشویستنەکەی و ئەوەش ناکرێت پێچەوانە بێت. پەڕتووکی حزقیێل هاتنەدی فەرمایشتی نەگۆڕی خودا دەردەخات لە بەڵێن، ئۆرشەلیم بەگوێرەی بەڵێنی خودا وێران بوو وەك سزایەك بۆ گوناهی خەڵکی یەهودا. لێرەوە دەبینین شێوازی ژیانی گەلی خودا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە خودا چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات.

## گیانلەبەرەکان و شکۆمەندی یەزدان

١ لە پێنجی مانگی چواری ساڵی سییەم،[a]
کاتێك من لەسەر نۆکەندی کەڤار لەنێو
ڕاپێچکراوەکان بووم، ئاسمان کرایەوە و خودا چەند
بینینێکی بۆ ئاشکرا کردم. [٢]ئەمەش ساڵی پێنجەمی
ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشا بوو.[b]
لە پێنجی مانگدا، [٣]فەرمایشتی یەزدان بۆ حزقیێلی
کاهین کوڕی بوزی هات، لە خاکی بابلییەکان لەسەر
نۆکەندی کەڤار، لەوێش ڕۆحی یەزدان هاتە سەری.
[٤]جا تەماشام کرد بینیم ڕەشەبایەك لە
باکوورەوە هات، هەورێکی گەورە کە ئاگرێکی
تێدا بوو دەبریسکایەوە و لە دەوروبەری ڕووناکی
دەدرەوشایەوە. لە چەقی ناوەڕاستی ئاگرەکەش وەك
دیمەنی کانزایەکی ئاگراوی بوو. [٥]لە هەورەکەشدا
شێوەی چوار گیانلەبەر هەبوو، ئەمەش دیمەنیان
بوو، لە شێوەدا لە دیمەنی مرۆڤێك دەچوو، [٦]بەڵام
هەریەکە چوار ڕوخسار و چوار باڵی هەبوو.
[٧]قاچەکانیان ڕێکوڕاست بوون و پێیەکانیان وەك پێی
گوێرەکە وابوون، وەك بڕۆنزی لووسکراو دەبریقانەوە.
[٨]لە خوار باڵەکانیانەوە لە هەر چوار لاوە دەستی
مرۆڤیان هەبوو. هەر چوار گیانلەبەرەکە ڕوخسار
و باڵیان هەبوو، [٩]باڵەکانیشان هەریەکە و بەوەی
تەنیشتیەوە لکابوو. لە کاتی ڕۆیشتندا هەریەکە ڕێك
بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و لای نەدەدا.
[١٠]ڕوخساری هەر چواریان بەم شێوەیە بوو:

---

[a] ١ دەشێت ساڵی سییەمی ژیانی حزقیێل بێت.

[b] ٢ ساڵی پێنجەمی ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشا بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە ساڵی ٥٩٣ پێش زایین.

لەپێشەوە ڕوخساری مرۆڤ، لەلای ڕاست ڕوخساری شێر، لەلای چەپ ڕوخساری گا، لە پشتەوەش ڕوخساری هەڵۆ، [١١]ئەمە ڕوخساریان بوو. هەروەها باڵەکانیان بەرەو سەرەوە لێك کرابوونەوە، هەریەکە بە دوو باڵ بە گیانلەبەرەکەی دیکەوە لکابوو، بە دوو باڵەکەی دیکەش لەشی خۆیان دادەپۆشی. [١٢]هەریەکەیان بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، ڕۆحی خودا دەچووە هەر شوێنێك ئەوانیش دەچوون، لە ڕۆیشتنیش لایان نەدەدا. [١٣]هەروەها دیمەنی گیانلەبەرەکان وەك پشکۆی ئاگری داگیرساو یان وەك چەند مەشخەڵێك بوون. ئاگر لەنێوان گیانلەبەرەکاندا هاتوچۆی دەکرد، ئاگرەکەش ڕەوشەن بوو، لە ئاگرەکەوە بروسکە دەردەچوو. [١٤]گیانلەبەرەکانیش وەك بروسکە دەهاتن و دەچوون.

[١٥]تەماشای گیانلەبەرەکانم کرد کە هەریەکەیان چوار ڕووی هەبوو، لەلای هەر یەکێکیان چەرخێك هەبوو لەسەر زەوی. [١٦]دیمەن و پێکهاتنی چەرخەکان بەم جۆرە بوون: هەر چواریان یەك شێوەیان هەبوو، وەك زەبەرجەد دەبریسکانەوە، پێکهاتنیشیان وەك ئەوەی چەرخ لەناو چەرخدا بێت. [١٧]کاتێك کە دەڕۆیشتن، بە ئاراستەی هەر چوار لادا دەڕۆیشتن، چەرخەکان لە کاتی ڕۆیشتنی گیانلەبەرەکاندا لایان نەدەدا. [١٨]هەروەها چێوەکانیان بەرز و ترسناك بوون، چێوەکانی هەر چواریان پڕ بوون لە چاو[a] لە هەر چواردەوریاندا.

[١٩]کە گیانلەبەرەکان دەڕۆیشتن، چەرخەکان لەتەنیشتیانەوە دەڕۆیشتن. کاتێك گیانلەبەرەکان لەسەر زەوی بەرز دەبوونەوە، چەرخەکانیش لەگەڵیاندا بەرز دەبوونەوە. [٢٠]بۆ هەرکوێ ڕۆحی خودا دەڕۆیشت ئەوانیش دەچوون، چەرخەکانیش لەگەڵیاندا بەرز دەبوونەوە، چونکە ڕۆحی گیانلەبەرەکان لە چەرخەکاندا بوو. [٢١]کە گیانلەبەرەکان دەجوڵانەوە، چەرخەکانیش دەجوڵانەوە، کە گیانلەبەرەکان دەوەستان ئەوانیش دەوەستان، کە گیانلەبەرەکان لەسەر زەوی بەرز دەبوونەوە چەرخەکانیش لەگەڵیاندا بەرز دەبوونەوە، چونکە ڕۆحی گیانلەبەرەکان لە چەرخەکاندا بوو.

[٢٢]لە سەرەوە بەسەر سەری گیانلەبەرەکانەوە شێوەی بۆشاییەك خۆی کێشا بووەوە، وەك دیمەنی بلوور دەبریسکایەوە و ترسناك بوو. [٢٣]لەژێر بۆشاییەکە باڵەکانیان بەرەو یەکتر درێژ ببوونەوە، هەروەها هەریەکە دوو باڵی دیکەی هەبوو کە لەشیانی دادەپۆشی. [٢٤]کە ڕۆیشتن گوێم لە دەنگی باڵەکانیان بوو وەك دەنگی هاژەی ئاوێکی زۆر بوو، وەك دەنگی خودای هەرە بە توانا، وەك دەنگی هاتوهاواری سوپا. کاتێك کە ڕاوەستان باڵەکانیان شۆڕ کردەوە.

[٢٥]کاتێك کە ڕاوەستان و باڵەکانیان شۆڕکردەوە، دەنگێك لە بۆشاییەکەی سەر سەریانەوە هات. [٢٦]لەسەر بۆشاییەکەی سەر سەریان، شتێکی وەك تەختێکی پاشایەتی هەبوو، لە دیمەنی یاقووتی شین[b] دەچوو، لە سەرووی هەموویەوە شێوەیەك وەك دیمەنی مرۆڤ لەسەر تەختەکە بوو. [٢٧]بینیم لە ناوقەدی بەرەو سەرەوە وەك دیمەنی کانزایەکی ئاگرین لەناوەوە و لە دەوروبەری، لە ناوقەدیشی بەرەو خوارەوە بە چەشنی ئاگر بوو، شەوقی دەدایەوە بۆ دەوروپشتی. [٢٨]وەك دیمەنی پەلکەزێڕینە لە هەوردا لە ڕۆژی باران، شەوقەکەش ئاوا بوو بۆ دەوروبەری.

ئەمە دیمەنی شێوەی شکۆمەندی یەزدان بوو. کاتێك بینیم بەسەر ڕوومدا کەوتم و گوێم لە دەنگێك بوو قسەی دەکرد.

## بانگکردنی حزقیێل

٢ پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، هەستە سەر پێیەکانت، قسەت لەگەڵ دەکەم.» [٢]کە قسەی بۆ دەکردم، ڕۆحی خودا هاتە ناوم و

[a] ١٨ دەشێت مەبەست لە بەردی گرانبەها بێت، کە لە شێوەی چاودایە.

[b] ٢٦ یاقووتی شین: دەشێت لاجیوەرد بێت.

هەڵیستاندمەوە سەر پێیەکانم، گوێم لەوە بوو کە
قسەی بۆ دەکردم.
[٣]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، من بۆ لای
نەوەی ئیسرائیل دەتنێرم، بۆ لای نەتەوەیەکی
یاخی کە لە من یاخی بوون، ئەوان و باوکانیشیان
هەتا ئەم ڕۆژەش لێم یاخی بوونە. [٤]ئەو گەلە کە
بێ چاوەڕوون و کەللەڕەقن، من بۆ لای ئەوان
دەتنێرم، پێیان دەڵێیت: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت.“ [٥]هەرچەندە بنەماڵەیەکی یاخین، گوێ
بگرن یان نەیگرن، دەزانن کە پێغەمبەرێکیان لەنێودا
بووە. [٦]بەڵام تۆ ئەی کوڕی مرۆڤ، نە لە خۆیان و نە
لە قسەکانیان مەترسە. مەترسە، هەرچەندە تۆ لەنێو
بنەماڵەیەکی یاخی دادەنیشیت کە دەبنە دڕکوداڵ
و دووپشك بۆت. لە قسەکانیان مەترسە و لێیان
مەتۆقە. [٧]هەرچەندە بنەماڵەیەکی یاخین، دەبێت بە
فەرموودەکانی من لەگەڵیان بدوێیت، گوێ بگرن یان
نەیگرن. [٨]ئەی کوڕی مرۆڤ، تۆش گوێ لەوە بگرە
کە پێت دەفەرمووم، وەك بنەماڵەی یاخیبوو یاخی
مەبە. دەمت بکەرەوە و ئەوەی دەتدەمێ بیخۆ.»
[٩]کە تەماشام کرد دەستێك بۆ لام درێژکراوە و
تۆمارێکی پێچراوی تێدایە. [١٠]لەبەردەمم کردییەوە و
لەناوەوە و لەپشتەوەشی لاوانەوە و گریان و واوەیلا
نووسرابوون.

٣ پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەوەی
لەپێشتە بیخۆ، ئەم تۆمارە پێچراوەیە بخۆ و
بڕۆ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل قسە بکە.» [٢]منیش
دەمم کردەوە و ئەو تۆمارەی دەرخواردم دا.
[٣]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بیخۆ و
هەناوت پڕ بکە لەو تۆمارەی کە دامە تۆ.» منیش
خواردم و لە دەمم وەك هەنگوین شیرین بوو.
[٤]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بڕۆ بۆ لای
بنەماڵەی ئیسرائیل و بە فەرموودەکانی من لەگەڵیان
بدوێ. [٥]بۆ لای گەلێکی قسە ئاڵۆز و زمان گران
نەنێردراویت، بەڵکو بۆ لای بنەماڵەی ئیسرائیل،
[٦]نەك بۆ لای چەند گەلێك کە زمانیان قورس و
قسەیان ئاڵۆز بێت کە لە گفتوگۆیان تێنەگەیت،
چونکە ئەگەر تۆم بۆ لای ئەوانە بناردایە گوێیان
لێ دەگرتیت. [٧]بەڵام بنەماڵەی ئیسرائیل نایانەوێت
گوێت لێ بگرن، چونکە نایانەوێت گوێ لە من بگرن،
لەبەر ئەوەی هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل کەللەڕەق
و دڵڕەقن. [٨]لەبەر ئەوە من ڕووی تۆم وەك ڕووی
ئەوان چیڕ کردووە و کەللەی تۆ وەك کەللە ڕەقی
ئەوان. [٩]ناوچەوانی تۆم وەك ئەڵماس لێکردووە، لە
بەردەئەستێ ڕەقتر، جا لێیان مەترسە و مەتۆقە،
هەرچەندە بنەماڵەیەکی یاخین.»
[١٠]ئینجا پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، هەموو
ئەو قسەیەی پێتی دەڵێم، لە دڵتدا هەڵیبگرە و بە
گوێت بیبیستە. [١١]بۆ لای ڕاپێچکراوەکان بڕۆ، بۆ لای
هاونیشتیمانیانت و قسەیان لەگەڵ بکە. گوێ بگرن
یان نەگرن، پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت.“»
[١٢]ڕۆحی خودا هەڵیگرتم، کاتێك شکۆمەندی
یەزدان لەو شوێنە بەرز دەبووەوە کە تێیدا
ڕاوەستابوو لە پشتمەوە گرمەیەك بەرزبووەوە.
[١٣]ئەمەش دەنگی باڵی گیانلەبەرەکان بوو کە
هەریەکە و بەوەی تەنیشتی دەکەوت، هەروەها
دەنگی چەرخەکان، دەنگی گرمەیەکی گەورە
بوون. [١٤]جا ڕۆحی خودا هەڵیگرتم و منی برد.
هێزی یەزدانیش ناچاری کردم، منیش بە ڕۆحێکی
تاڵ و تووڕەییەوە ڕۆیشتم. [١٥]ئیتر هاتمە لای ئەو
ڕاپێچکراوانەی لە تێلئاڤیڤ لەلای نۆکەندی کەڤار
نیشتەجێ بوون. حەوت ڕۆژ بە سەرسوڕماوی لەوێ
نیشتەجێ بووم.

## دانانی حزقیێل بە چاودێر

[١٦]دوای حەوت ڕۆژەکە فەرمایشتی یەزدانم بۆ
هات، پێی فەرمووم: [١٧]«ئەی کوڕی مرۆڤ، من تۆم
کردووە بە چاودێر بەسەر بنەماڵەی ئیسرائیلەوە،
جا وشەکە لە دەمی منەوە ببیستە و لەلایەن منەوە
ئاگاداریان بکەرەوە. [١٨]کاتێك بە بەدکار دەڵێم:
”سزاکەت مردنە“ و تۆش ئاگادارت نەکردەوە و
قسەت نەکرد وەك ئاگادارکردنەوە بۆ بەدکار لە

ڕێگا خراپەکانی بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەو بەدکارە بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، بەڵام خوێنەکەی دەخەمە ئەستۆی تۆ. [١٩]بەڵام ئەگەر تۆ بەدکارەکە ئاگادار بکەیتەوە و لە بەدکاری خۆی و لە ڕێگا خراپەکەی نەگەڕێتەوە، ئەوا بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، بەڵام تۆ خۆتت ڕزگار کردووە.

[٢٠]«ئەگەر کەسی ڕاستودروستیش لە ڕاستودروستی خۆی بگەڕێتەوە و تاوان بکات، کۆسپ دەخەمە ڕێگای و دەمرێت. لەبەر ئەوەی ئاگادارت نەکردەوە گوناهەکەی دەبێتە هۆی مردنی و ئەو ڕاستودروستییەی کە کردوویەتی لەیاد دەکرێت، خوێنەکەشی دەخەمە ئەستۆی تۆ. [٢١]بەڵام ئەگەر تۆ کەسی ڕاستودروستەکەت ئاگادار کردەوە لەوەی ڕاستودروستەکە گوناه بکات و گوناهی نەکرد، ئەوا دەژییێت، چونکە ئاگادار کرایەوە و تۆش خۆتت ڕزگار کردووە.»

[٢٢]لەوێ هێزی یەزدان هاتە سەرم، ئەویش پێی فەرمووم: «هەستە برۆ دەشتاییەکە، لەوێ قسەت لەگەڵ دەکەم.» [٢٣]منیش هەستام و چوومە دەرەوە بەرەو دەشتاییەکە. ئەوەتا شکۆمەندی یەزدان لەوێ وەستاوە وەک ئەو شکۆمەندییەی لەسەر نۆکەندی کەڤار بینیم، ئیتر بەسەر ڕوومدا کەوتم.

[٢٤]ئینجا ڕۆحی خودا هاتە ناومەوە و هەڵیستاندمە سەر پێیەکانم، قسەی لەگەڵ کردم و پێی فەرمووم: «برۆ و لەناو ماڵەکەت دەرگا لەسەر خۆت دابخە. [٢٥]تۆ ئەی کوڕی مرۆڤ، بە گوریس دەتبەستنەوە و کۆت دەکرێیت، بۆ ئەوەی نەتوانیت بچیتە ناویان. [٢٦]منیش زمانت بە مەڵاشووتەوە دەنووسێنم و لاڵ دەبیت، بۆیان نابیت بە پیاوێکی سەرزەنشتکار، چونکە بنەماڵەیەکی یاخین. [٢٧]بەڵام کاتێک قسەت لەگەڵ دەکەم دەمت دەکەمەوە و پێیان دەڵێیت: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت.“ ئەوەی گوێ دەگرێت با گوێ بگرێت و ئەوەی گوێ ناگرێت با گوێ نەگرێت، چونکە بنەماڵەیەکی یاخین.

## نیشانەی گەمارۆدانی ئۆرشەلیم

٤ «ئێستاش ئەی کوڕی مرۆڤ، خشتێک بۆ خۆت ببە و لەبەردەمی خۆتی دابنێ و وێنەی شاری ئۆرشەلیمی لەسەر بکێشە. [٢]گەمارۆی بدە: قوللە لە دەوری بنیاد بنێ، سەنگەر لە دەوری دروستبکە، لەشکر لە دەوری کۆبکەرەوە و مەنجەنیق لە دەوری دابنێ. [٣]ئینجا ساجێکی ئاسن بۆ خۆت ببە و بیکە بە شوورایەکی ئاسن لەنێوان خۆت و شارەکە، چاوی تێ ببڕە، جا لەژێر گەمارۆ دەبێت و گەمارۆی دەدەیت. ئەوە دەبێتە نیشانەیەک بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل.

[٤]«لەسەر تەنیشتی چەپەت ڕابکشێ و تاوانی بنەماڵەی ئیسرائیل بخە سەر خۆت، بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی ڕادەکشێی تاوانی ئەوان دەخەیتە ئەستۆی خۆت. [٥]منیش ساڵانی تاوانی ئەوانم بۆ کردووی بە ژمارەی ڕۆژەکان، لەبەر ئەوە سێ سەد و نەوەد ڕۆژ تاوانی بنەماڵەی ئیسرائیل دەخەیتە ئەستۆی خۆت.

[٦]«کاتێک تەواوت کرد، لەسەر لای ڕاستت ڕابکشێ، جا بۆ ماوەی چل ڕۆژ تاوانی بنەماڵەی یەهودا دەخەیتە ئەستۆی خۆت، هەر ڕۆژێک لە جیاتی ساڵێک. [٧]جا ڕووت لە گەمارۆی ئۆرشەلیم بکە و بازووی لێ هەڵبکە و پێشبینی لەسەر بکە. [٨]من بە گوریس دەتبەستمەوە بۆ ئەوەی لەم تەنیشتەوە خۆت وەرنەگەڕێنیتە سەر ئەو تەنیشت هەتا ڕۆژانی گەمارۆکەت تەواو دەکەیت.

[٩]«تۆش گەنم و جۆ و پاقلە و نیسک و هەرزن و ماش بۆ خۆت ببە و لەناو یەک دەفردا دایانبنێ، بۆ خۆت بیکە بە نانی ڕۆژانە بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی لەسەر تەنیشت ڕادەکشێیت، سێ سەد و نەوەد ڕۆژ لێی دەخۆیت. [١٠]ئەو خواردنەش کە دەیخۆیت بە کێشانە دەبێت، هەر ڕۆژەی بیست شاقڵ[a]، هەر جارێک کەمێکی دەیخۆیت. [١١]ئاویش بە پێوانە دەخۆیتەوە، یەک لەسەر شەشی هەینێک[b]، هەر جارێک کەمێکی دەخۆیتەوە. [١٢]کولێرەی جۆ دەخۆیت، لەسەر ئەو پیسایییەی لە

[a] ١٠ نزیکەی ٠,٢ کیلۆگرام.

[b] ١١ یەک لەسەر شەشی هەینێک: نزیکەی ٠,٦ لیتر.

مرۆڤەوە دەردەچێت لەبەرچاویان دەیبرژێنیت.» ١٣یەزدان فەرمووی: «نەوەکانی ئیسرائیل بەم چەشنە نانی گڵاو دەخۆن لەنێو ئەو نەتەوانەی بۆ لایان دەریاندەکەم.»

١٤منیش گوتم: «ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست! هەرگیز خۆمم گڵاو نەکردووە. لە منداڵیمەوە هەتا ئێستا نە گۆشتی ئاژەڵی مردار و نە گۆشتی نێچیرم خواردووە. هیچ گۆشتێکی گڵاو نەچووەتە دەممەوە.»

١٥ئەویش پێی فەرمووم: «تەماشا بکە، ڕیخی مانگام بۆت دانا لە جیاتی پیسایی مرۆڤ، جا نانەکەتی لەسەر دروستدەکەیت.»

١٦هەروەها پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، من نان لە ئۆرشەلیم دەبڕم، جا نان بە کێشان و بە خەمەوە دەخۆن و ئاویش بە پێوانە و بە ترسەوە دەخۆنەوە، ١٧تاکو نان و ئاویان کەم بێت و لە دیمەنی یەکتر بتۆقن و بەهۆی تاوانەکەیانەوە لەناو بچن.

٥ «ئێستاش ئەی کوڕی مرۆڤ، شمشێرێکی تیژ وەک گوێزانی سەرتاش بۆ خۆت ببە و بەسەر سەر و ڕیشتدا بیهێنە. تەرازوویەک بۆ کێشان بۆ خۆت ببە و مووەکە بەش بکە. ٢کە ڕۆژانی گەمارۆکە تەواو دەبێت سێیەکی لەناوەڕاستی شارەکەدا بە ئاگر بسووتێنە، سێیەکیشی ببە و لە دەوروبەری شارەکە بە شمشێر لێی بدە، سێیەکیشی بە بادا بکە، لەبەر ئەوەی من بە شمشێرێکی هەڵکێشراو ڕاویان دەنێم. ٣چەند تاڵێک مووی کەم بە ژمارە لێی ببە و بە دامێنی کراسەکەی خۆتەوە گرێی بدە. ٤هەروەها هەندێکیشی ببە و فڕێیبدە ناو ئاگر و بە ئاگر بیسووتێنە. لەوەوە ئاگر دەردەچێت بۆ سەر هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل.

٥«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەمە ئۆرشەلیمە کە لە ناوەڕاستی نەتەوەکاندا دامەزراند، چەند خاکێکیش بە چواردەوریدا. ٦جا لە نەتەوەکان و لە خاکەکانی دەوروبەری خراپتر لە حوکم و لە فەرزەکانم یاخی بوو، چونکە حوکمەکانی منیان ڕەتکردەوە و بە ڕێگای فەرزەکانی مندا نەڕۆیشتن.

٧«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەو نەتەوانەی دەوروبەرتان زیاتر هاتوهەراتان کرد و بە ڕێگای فەرزەکانی مندا نەڕۆیشتن و بەپێی حوکمەکانی منتان نەکرد. تەنانەت بەپێی بنەماکانی نەتەوەکانی دەوروبەریشتان نەڕۆیشتن.

٨«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی ئۆرشەلیم، منیش لە دژی تۆم، لەبەرچاوی نەتەوەکان سزاکان بەسەرتدا دەسەپێنم. ٩لەبەر هەموو بتە قێزەونەکانت، وات پێ دەکەم کە نەمکردووە، پاشان وەک ئەوە ناکەمەوە. ١٠لەبەر ئەوە لەناو تۆدا باوک کوڕ دەخوات و کوڕیش باوکی دەخوات، سزاکانم دەسەپێنم و هەموو پاشماوەکەت بە دەم هەموو بایەکەوە پەرتەوازە دەکەم. ١١لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، لەبەر ئەوەی بە هەموو پەیکەرە گڵاو و وێنە قێزەونەکانت[a] پیرۆزگای منت گڵاوکرد، پاڵپشتیت ناکەم و بە چاوی بەزەییەوە تەماشات ناکەم و دەستم لێت ناپارێزم. ١٢سێیەکت بە دەرد دەمرێت و بە قاتوقڕی لە ناوەڕاستی تۆدا لەناودەچن، سێیەکیشت بە شمشێر لە دەوروبەرت دەکوژرێن، سێیەکیشت بە دەم هەموو بایەکدا پەرتەوازە دەکەم و بە شمشێرێکی هەڵکێشراو ڕاویان دەنێم.

١٣«ئینجا تووڕەییم تەواو دەبێت و هەڵچوونم دادەمرکێتەوە و تۆڵەیان لێ ناکەمەوە. کاتێک هەڵچوونم هەڵڕشت دەزانن کە من یەزدانم لە کاتی دڵگەرمیم فەرمووم.

١٤«وێران و ڕیسوات دەکەم لەنێو ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەرتدان، لەبەرچاوی هەموو ڕێبوارێک. ١٥جا ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەرتدان لێت دەتۆقن و دەبیتە مایەی ڕیسوایی و جنێو و ئاگادارکردنەوە، کە بە تووڕەیی و هەڵچوون و سەرزەنشتی توندەوە

[a] ١١ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە گڵاوکردنی پەرستگای ئۆرشەلیم، بڕوانە حزقێیل ٨:٣-١٦.

سزام بەسەرتدا سەپاند. من یەزدانم، ئەوەم فەرموو.
[١٦] کە تیری کوشندەی قاتوقڕیم تێگرتن، ئەوەی بۆ
وێرانی دەبێت، بۆ وێرانیتان دەیهاوێم. نانتان لێ
دەبڕم و قاتوقڕیتان لەسەر زیاد دەکەم. [١٧] کاتێك
قاتوقڕی و دڕندەی خراپ دەنێرمە سەرتان، جەرگتان
دەسووتێنن. دەرد و خوێن بەناوتدا تێدەپەڕێت
و شمشێر بەسەرتدا دەهێنم.[a] من یەزدانم، ئەوەم
فەرموو.»

## فەرمایشتێك سەبارەت بە چیاکانی ئیسرائیل

٦ هەروەها فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [٢] «ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت لە
چیاکانی ئیسرائیل بکە و لەسەری پێشبینی بکە.
[٣] بڵێ: ”ئەی چیاکانی ئیسرائیل گوێ لە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەست بگرن. یەزدانی باڵادەست بە
چیاکان و بە گردەکان، بە شیوەکان و بە دۆڵەکان
ئەمە دەفەرموێت: من خەریکم شمشێرێکتان
بەسەردا دەهێنم و نزرگەکانی سەر بەرزاییەکانتان
لەناودەبەم. [٤] جا قوربانگاکانتان وێران دەبن و
قوربانگاکانی بخوورتان دەشکێن و کوژراوەکانتان
فڕێدەدەمە بەردەم بتەکانتان. [٥] لاشەکانی نەوەی
ئیسرائیل لەبەردەم بتەکانیان دادەنێم و ئێسکەکانتان
لە دەوری قوربانگاکانتان بڵاو دەکەمەوە. [٦] لە
هەموو نشینگەکانتان شارۆچکەکان چۆڵ دەبن،
نزرگەکانی سەر بەرزاییەکان کاول دەبن بۆ ئەوەی
قوربانگاکانتان چۆڵ و وێران بن، بتەکانیشتان
دەشکێن و نامێنن، قوربانگاکانی خۆرتان دەبڕێنەوە،
دروستکراوەکانتان دەسڕێنەوە. [٧] خەڵکانێك لەنێوتان
دەکوژرێن، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.
[٨] «”لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەتان لێ دەهێڵمەوە،
کاتێك لەنێو خاك و نەتەوەکاندا پەرتەوازە دەبن و
لە شمشێر دەرباز دەبن. [٩] دەربازبووانی ئەوان لەنێو
ئەو نەتەوانەی بۆیان ڕاپێچ کرابوون یادم دەکەنەوە
و دێتەوە یادیان کە چۆن بەهۆی دڵە سۆزانییەکەیان
و چاویان کە ئارەزووی بتیان دەکرد و بەهۆی
بێوەفاییان بەرامبەر بە من دڵیان شکاندم. ئەو
کاتە ڕقیان لە خۆیان دەبێتەوە لەبەر ئەو خراپەی
کردوویانە و لەبەر هەموو نەریتە قێزەونەکانیان.
[١٠] ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم، لەخۆڕایی
نەمفەرموو کە ئەم کارەساتەیان بەسەردا دەهێنم.
[١١] «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: بە
دەستت لێ بدە و بە پێیەکانت بکوتە و بڵێ، ’ئای
بە داخەوە!‘ لەبەر هەموو ئەو نەریتە خراپ و
قێزەونانەی بنەماڵەی ئیسرائیل، کە بەهۆیەوە بە
شمشێر و قاتوقڕی و دەرد دەمرن. [١٢] ئەوەی دوورە
بە دەرد دەمرێت و ئەوەی نزیکە بە شمشێر
دەکوژرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە و پارێزراوە
بە قاتوقڕی دەمرێت. جا تووڕەییم بەسەریاندا
هەڵدەڕێژم. [١٣] ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم،
کاتێك کوژراوەکانیان لەنێو بتەکانیان لە چواردەوری
قوربانگاکانیان دەکەون، لەسەر هەموو گردێکی
بەرز، لەسەر لووتکەی هەموو چیاکان، لەژێر هەموو
دارێکی سەوز و دار بەڕوویەکی گەڵادار، لە هەر
شوێنێك بخووری بۆنخۆشیان پێشکەش بە بتەکانیان
دەکرد. [١٤] دەستم بۆیان درێژ دەکەم و خاکەکە چۆڵ
و کاول دەکەم، لە چۆڵەوانییەوە هەتا دیڤلە، لە
هەموو نشینگەکانیان. ئیتر ئەوان دەزانن کە من
یەزدانم.“»

## نزیکبوونەوەی کۆتایی

٧ هەروەها فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [٢] «ئەی کوڕی مرۆڤ، یەزدانی
باڵادەست ئەمە بە خاکی ئیسرائیل دەفەرموێت:

«”کۆتایی! کۆتاییەکە هات!
هەر چوار لای خاکەکەی گرتەوە.
[٣] ئێستاش کۆتاییەکەت نزیك بووەتەوە،
تووڕەییم بەسەرتدا دەبارێنم.
بەگوێرەی ڕەفتارەکانت حوکمت بەسەردا دەدەم
و
سزای هەموو نەریتە قێزەونەکانت دەدەمەوە.
[٤] جا چاوەکانم بەزەیی پێتدا نایەتەوە و

[a] ١٧ مەبەستی لە شاری ئۆرشەلیمە.

دەستم لێت ناپارێزم،
بەڵکو سزای ڕەفتارەکانت دەدەم،
سزای ئەو نەریتە قێزەونانەش دەدەم کە
لەنێوتان دەکرێن.

ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.“

٥ «یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”بەڵایەك دێت!
بەڵایەك لەمەوپێش لە وێنەی نەبووە!
٦ کۆتاییەکە هات!
کۆتاییەکە هات!
ئاوڕی لێت دایەوە،
ببینە، وا هات!
٧ ئەی دانیشتووی خاکەکە نۆرە گەیشتە سەرت،
کاتەکەی هات و ڕۆژەکە نزیك بووەتەوە،
لەسەر چیاکان هاتوهەرایە،
نەك هاواری خۆشی.
٨ ئێستا بەم زووانە تووڕەیی خۆم بەسەر تۆدا
دەبارێنم و
هەڵچوونی خۆم هەڵدەڕێژم،
بەپێی کردەوەکانت حوکمت بەسەردا دەدەم و
لەسەر هەموو نەریتە قێزەونەکان سزات
دەدەم.
٩ جا چاوەکانم بەزەیی پێتدا نایەتەوە و
دەستم لێت ناپارێزم،
بەڵکو سزای ڕەفتارەکانت دەدەم،
سزای ئەو نەریتە قێزەونانەش کە لەنێوتان
دەکرێن.

ئیتر دەزانن کە من یەزدانم لێتان دەدەم.

١٠ «”ئەوەتا ڕۆژەکە!
ئەوەتا هات!
چەرخ سووڕایەوە،
داردەست گوڵی کرد،
لووتبەرزی چرۆی کرد!
١١ ستەم بووە داردەستی خراپە،
نە خۆیان و نە سامانیان و
نە هاتوهەرایان دەمێنێت،
شکۆیان نامێنێت.
١٢ کاتەکە هاتووە!
ڕۆژەکە گەیشتووە!
ئینجا نە کڕیار دڵخۆش دەبێت و
نە فرۆشیار خەمبار دەبێت،
چونکە تووڕەیی لەسەر هەموو خەڵکەکەیە.
١٣ فرۆشیار تەمەنی هەرچەند بێت
فرۆشراو وەرناگرێتەوە،[a]
چونکە ئەو پەیامەی خودا
بۆ هەموو خەڵکەکەیە ناگەڕێتەوە،
مرۆڤیش لەبەر تاوانەکەی
ناتوانێت دەست بە ژیانییەوە بگرێت.

١٤ «”هەرچەندە فوو لە کەڕەنا بکەن و
هەموو چەك و ئازووقەیەك ئامادە بکەن،
بەڵام کەس ناچێتە جەنگ،
چونکە تووڕەییم لەسەر هەموو خەڵکەکەیە.
١٥ شمشێر لە دەرەوە و
دەرد و قاتوقڕیش لەناوەوە.
ئەوەی لە دەشتودەرە بە شمشێر دەمرێت،
ئەوەش لە شارە قاتوقڕی و دەرد دەیخوات.
١٦ ئەوانەی دەرباز دەبن
هەڵدێن بۆ چیاکان و
وەك کۆتری دۆڵەکان هەموویان دەگمێنن،
هەریەکە و لەبەر تاوانەکەی خۆی.
١٧ هەموو دەستەکان شل دەبن و
هەموو ئەژنۆکان دەبن بە ئاو.
١٨ جلوبەرگی گوش[b] دەپۆشن و
ترس دایاندەگرێت.
ڕیسوایی لەسەر ڕوخساریان دەبێت و
سەریان دەڕووتێتەوە.

[a] ١٣ مەبەستی لەوەیە کە ساڵی یۆبیل نابینێت، بڕوانە لێڤییەکان ٢٥:٢٥-٢٨.

[b] ١٨ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

١٩«”زیوەکانیان فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان و
زێڕیان دەبێتە گڵاوی.
زێڕ و زیویان ناتوانێت
لە ڕۆژی تووڕەیی یەزدان فریایان بکەوێت.
بەوانە تێر نابن و هەر برسی دەبن،
چونکە ئەو شتانە بۆیان بوون بە کۆسپی تاوان.
٢٠بە خشڵە جوانەکانیشیان کە مایەی شانازی بوون
لە دروستکردنی بتە گڵاوەکانیان بەکاریانهێنا،
وێنەی قێزەونیان دروستکرد.
لەبەر ئەوە بۆیان دەکەم بە مایەی گڵاوی.
٢١دەیدەمە دەست بێگانەکان بۆ تاڵانی،
هەروەها دەیدەمە بەدکارانی زەوی بۆ دزی،
جا گڵاوی دەکەن.
٢٢ڕووی خۆم لێیان وەردەگێڕم و
شوێنی بەنرخم گڵاو دەکەن،
توندوتیژەکان دێنە ناویەوە،
ئەوێ گڵاو دەکەن.

٢٣«”زنجیر دروستبکە بۆ بەدیلگرتن!
چونکە خاکەکە پڕ بووە لە تاوانی خوێنڕشتن،
شارەکەش پڕ بووە لە ستەم.
٢٤جا دڕندەترینی نەتەوەکان دەهێنم و
دەست بەسەر ماڵەکانیاندا دەگرن،
شانازیکردنی بەهێزەکان لەناودەبەم،
پیرۆزگاکانیان گڵاو دەبێت.
٢٥لە کاتی تۆقینیان
داوای ئاشتی دەکەن و نییە.
٢٦بەڵا لەسەر بەڵا و
هەواڵ لەسەر هەواڵ دێت،
داوای بینین لە پێغەمبەر دەکەن،
فێرکردن لەلای کاهین نامێنێت،
ڕاوێژکردنیش لەلای پیران.
٢٧پاشا دەگرییێت و
میر نائومێد دەبێت،
دەستی گەلی خاکەکەش دەلەرزێت.
بەگوێرەی ڕەفتاری خۆیان بەسەریاندا
دەهێنمەوە و
بەگوێرەی حوکمەکانی خۆیان حوکمیان
بەسەردا دەدەم.
ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.“»

## گڵاوکردنی پەرستگا

٨ ئەوە بوو لە پێنجی مانگی شەشی ساڵی
شەشەم،[a] کاتێك لە ماڵی خۆم دانیشتبووم
و پیرانی یەهوداش بەرامبەرم دانیشتبوون، لەوێ
ڕۆحی یەزدانی باڵادەست هاتە سەرم. ٢جا تەماشام
کرد ئەوەتا شێوەیەکی وەك مرۆڤم بینی، وێنەکەی
لە ناوقەدیەوە بەرەو خوارەوە ئاگر و لە ناوقەدیەوە
بەرەو سەرەوە وەك وێنەی بریسکانەوە لە شێوەی
کانزایەکی ئاگراوی بوو. ٣شتێکی درێژکرد لە شێوەی
دەست بوو، بە قژی سەرم منی گرت. ڕۆحی
خودا لەنێوان زەوی و ئاسماندا هەڵیگرتم و لە
چەند بینینێکدا منی هێنایە ئۆرشەلیم، بۆ دالانی
دەروازەکەی حەوشەی ناوەوە، ئەوەی ڕووەو
باکوورە کە دیوەخانی ئەو پەیکەرەیە[b] کە ئیرەیی[c]
خودا دەجۆشێنێت. ٤شکۆمەندی خودای ئیسرائیل
لەوێ بوو، وەك ئەو بینینەی کە لە دەشتەکە بۆم
ئاشکرا کرا.

٥ئینجا پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، چاوت
بەرەو ڕێگای باکوور هەڵبڕە.» چاوم بەرەو ڕێگای
باکوور هەڵبڕی و ئەو پەیکەرەم بینی کە ئیرەیی
خودا دەجۆشێنێت، لەلای دەرگای باکووری حەوشەی
قوربانگاکە، بەرامبەر دەروازەی باکوور.
٦پاشان پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بینیت

[a] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە حەڤدەی مانگی نۆ ساڵی ٥٩٢ی پێش زایین.

[b] ٣ مەبەست لە پەیکەری ئەشێرەی خواژنە کەنعانییەکانە کە خودای زاوزێ بوو، خەڵکی لە دەوروبەری وەك جۆرێك لە پەرستن هەموو داوێنپیسییەکیان دەکرد. بڕوانە دووەم پاشایان ٧:٢١.

[c] ٣ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە بتپەرستی، چونکە خودا دەیەوێت تەنها ئەو بپەرسترێت.

چی دەکەن؟ ئەو قێزەونییە گەورانەی کە بنەماڵەی
ئیسرائیل لێرە دەیکەن، بۆ ئەوەی لە پیرۆزگاکەم
دوورم بخەنەوە؟ بەڵام هێشتا شتی قێزەونتریش
دەبینیت.»
[٧]ئینجا منی هێنایە بەر دەرگای حەوشەکە، جا
تەماشام کرد و کونێکم لە دیوارەکە بینی. [٨]پێی
فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئێستا دیوارەکە
هەڵکۆڵە.» منیش دیوارەکەم هەڵکۆڵی و دەرگایەکم
بینییەوە.
[٩]پێی فەرمووم: «بڕۆ ژوورەوە و ئەو نەریتە
قێزەونە خراپانە ببینە کە لەوێ دەیکەن.» [١٠]منیش
چوومە ژوورەوە و سەیرم کرد، ئەوەتا شێوەی
هەموو جۆرە خشۆکێك و گیانلەبەری گڵاو و هەموو
بتەکانی بنەماڵەی ئیسرائیل لەسەر دیوارەکە بە
هەر چواردەوریدا وێنەی کێشراوە. [١١]حەفتا پیاو لە
پیرانی بنەماڵەی ئیسرائیل لەبەردەمیان وەستابوون و
یازەنیاهوی کوڕی شافانیش لەناوەڕاستیان وەستابوو.
هەرکەسێك بخووردانی خۆی بەدەستەوە بوو، بۆنی
دووکەڵی بخووریش هەڵدەستا.
[١٢]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بینیت
پیرانی بنەماڵەی ئیسرائیل لە تاریکیدا چی دەکەن،
هەرکەسە و لە نزرگەی بتەکەی خۆی؟ چونکە
دەڵێن: "یەزدان نامانبینێت، یەزدان خاکەکەی
بەجێهێشتووە."» [١٣]ئینجا پێی فەرمووم: «هێشتا
دەگەڕێیتەوە و کاری قێزەونتریش دەبینیت کە
ئەوان دەیکەن!»
[١٤]پاشان منی هێنایە دالانی دەروازەی ماڵی یەزدان،
ئەوەی ڕووەو باکوورە، ئەوەتا ژنان دانیشتوون و
بۆ تەمووز[a] دەگریێن. [١٥]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی
مرۆڤ، ئەمەت بینی؟ هێشتا دەگەڕێیتەوە و کاری
قێزەونتریش دەبینیت.»
[١٦]ئینجا منی هێنایە حەوشەکەی ناوەوەی ماڵی
یەزدان، ئەوەتا لەلای دالانی پیرۆزگای یەزدان لەنێوان
هەیوان و قوربانگاکە، نزیکەی بیست و پێنج پیاو
پشتیان لە پەرستگای یەزدانە و ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتە،
ڕووەو ڕۆژهەڵات کڕنۆشیان بۆ خۆر بردووە.
[١٧]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بینیت؟
ئایا ئەو کردەوە قێزەونانەی بنەماڵەی یەهودا لێرە
کردوویانە کەمە؟ سەرباری ئەوەش خاکەکەیان
پڕکردووە لە ستەم و دەگەڕێنەوە بۆ پەستکردنم،
ببینە چیلکە دار لە لووتیان نزیك دەکەنەوە[b].
[١٨]هەروەها منیش بە تووڕەییەوە هەڵسوکەوتیان
لەگەڵدا دەکەم، چاوەکانم بەزەییان نایەتەوە و
دەستم لێیان ناپارێزم. ئەگەر بە دەنگی بەرز لە
گوێمدا هاوار بکەن گوێیان لێ ناگرم.»

## کوشتنی بتپەرستان

٩ ئینجا گوێم لێ بوو بە دەنگێکی بەرز هاواری
کرد و فەرمووی: «پاسەوانانی شار بهێنن،
هەرکەسە و چەکە لەناوبەرەکەی بە دەستییەوە
بێت.» [٢]شەش پیاو لەلای دەروازەی سەرەوە هاتن کە
ڕووەو باکوورە، هەریەکەشیان چەکە کوشندەکەی
بە دەستییەوە بوو، پیاوێکیش کە کەتانی پۆشی
بوو لەناوەڕاستیان بوو، مەرەکەبدانی نووسەری بە
قەدەوە بوو. هاتنە ژوورەوە و لەتەنیشت قوربانگا
بڕۆنزییەکە ڕاوەستان.
[٣]شکۆمەندی خودای ئیسرائیلیش لەو شوێنەی
کە لێی بوو، لەسەر کەڕوبەکانەوە[c] هەستا، بەرەو
بەردەرگای پەرستگاکە ڕۆیشت، جا بانگی ئەو پیاوەی
کرد کە کەتانی پۆشیبوو و مەرەکەبدانی نووسەری
بە قەدەوە بوو، [٤]یەزدان پێی فەرموو: «بەناو شاری
ئۆرشەلیمدا تێپەڕە، نیشانە لە ناوچەوانی ئەو
پیاوانە بدە کە دەناڵێنن و هەنسك هەڵدەکێشن
لەبەر هەموو ئەو کارە قێزەونانەی کە لەناوەڕاستی
شارەکەدا دەکرێن.»
[٥]ئینجا گوێم لێ بوو بەوانەی فەرموو: «بەدوایدا
بڕۆن و بەناو شارەکەدا تێپەڕن و بکوژن. نە

[a] ١٤ تەمووز: خودای زاوزێ و خوداوەندی جیهانی خوارەوە، واتە جیهانی مردووان.

[b] ١٧ هێمایەکی ئاشوورییەکان بوو بۆ پەرستنی خوداوەندەکانیان.

[c] ٣ کەڕوب: بە واتای فریشتە هاتووە. بڕوانە پەیدابوون ٢٤:٣ و دەرچوون ١٨:٢٥.

چاوەکانتان بەزەییان بێتەوە و نە دڵتان بسووتێ.
٦پیر و گەنج و کچ و منداڵ و ئافرەتەکان لەناوببەن
و بیانکوژن، بەڵام ئەو کەسەی نیشانەکەی پێوەیە
لێی نزیك مەبنەوە. لە پیرۆزگاکەمەوە دەستپێبکەن.»
ئەوانیش لەو پیرانەوە دەستیان پێکرد کە لەبەردەم
ماڵەکە بوون.
٧پێی فەرموون: «ماڵەکە گڵاو بکەن و حەوشەکان
پڕ بکەن لە کوژراو! بڕۆنە دەرەوە!» جا چوونە
دەرەوە و لەناو شاردا کوشتاریان کرد. ٨لەو کاتەدا
کە ئەوان کوشتاریان دەکرد من مابوومەوە، منیش
خۆمم بە زەویدا دا و هاوارم کرد و گوتم: «ئای!
ئەی یەزدانی باڵادەست! ئایا تۆ هەموو پاشماوەی
ئیسرائیل لەناودەبەیت بەوەی تووڕەیی خۆت
بەسەر ئۆرشەلیمدا دەڕێژیت؟»
٩پێی فەرمووم: «تاوانی بنەماڵەی ئیسرائیل
و یەهودا زۆر زۆر گەورەیە و خاکەکە پڕ بووە لە
خوێن، شار پڕ بووە لە گەندەڵی، چونکە دەڵێن:
"یەزدان خاکەکەی بەجێهێشتووە و یەزدان نابینێت."
١٠لەبەر ئەوە منیش چاوەکانم بەزەییان نایەتەوە و
دەستم لێیان ناپارێزم. کردەوەکانی خۆیان بەسەر
خۆیاندا دەهێنمەوە.»
١١ئینجا ئەو پیاوەی کەتانی لەبەربوو کە
مەرەکەبدانی نووسەری بە قەدەوە بوو، هەواڵی
هێنایەوە و گوتی: «وەك ئەوەی فەرمانت پێکردم،
جێبەجێم کرد!»

## شکۆمەندی خودا پەرستگاکە بەجێدەهێڵێت

١٠ ئینجا سەیرم کرد لە سەرەوە بەسەر سەری
کەڕوبەکانەوە شێوەی بۆشاییەك خۆی
کێشا بووەوە، دیمەنی تەختێکی پاشایەتی هەبوو،
وەك یاقووتی شین دەبینرا. ٢یەزدان بە پیاوە کەتان
پۆشەکەی فەرموو: «بڕۆ ناو چەرخەکانی ژێر
کەڕوبەکان و مشتت پڕ بکە لە پشکۆی ئەو ئاگرەی
لەنێوان کەڕوبەکانە و بەسەر شارەکەدا بڵاوی
بکەرەوە.» ئەویش لەبەرچاوم چووە ناوەوە.
٣کەڕوبەکانیش لەلای ڕاستی[a] پەرستگاکە
ڕاوەستابوون کە پیاوەکە چووە ژوورەوە، هەورێکیش
حەوشەکەی ناوەوەی پڕکردەوە. ٤شکۆمەندی خودای
ئیسرائیلیش لەسەر کەڕوبەکانەوە هەستا، بەرەو
بەردەرگای پەرستگاکە ڕۆیشت، جا پەرستگاکە پڕ
بوو لە هەورەکە و حەوشەکەش پڕ بوو لە بریسکەی
شکۆمەندی یەزدان. ٥دەنگی باڵی کەڕوبەکان لە
خانەکانی دەرەوە دەبیسترا، وەك دەنگی خودای
هەرە بە توانا کە قسە بکات.
٦کاتێك کە فەرمانی بە پیاوە کەتان پۆشەکە کرد
و فەرمووی، «ئاگر لەنێوان چەرخەکان، لەنێوان
کەڕوبەکان ببە،» چووە ژوورەوە و لەتەنیشت
چەرخێك ڕاوەستا. ٧کەڕوبێك لەنێو کەڕوبەکانەوە
دەستی بۆ ئاگرەکەی نێوان کەڕوبەکان درێژکرد،
لێی هەڵگرت و خستییە ناو هەردوو مشتی پیاوە
کەتان پۆشەکە، ئەویش وەریگرت و چووە دەرەوە.
٨لە کەڕوبەکانەوە شتێکی وەك دەستی مرۆڤ لەژێر
باڵەکانییەوە دەرکەوت.
٩تەماشام کرد، بینیم چوار چەرخ لەتەنیشت
کەڕوبەکانە، هەر چەرخێك لەتەنیشت کەڕوبێکەوە
بوو، دیمەنی چەرخەکان وەك دیمەنی زەبەرجەد
بوو. ١٠هەر چواریان یەك شێوەیان هەبوو، وەك
چەرخ لەناو چەرخ بێت. ١١کاتێك کە دەڕۆیشتن، بە
ئاراستەی هەر چوار لادا دەڕۆیشتن، لە ڕۆیشتنیشدا
لایان نەدەدا، بەڵکو بۆ هەر لایەك یەکێك لە
کەڕوبەکان ڕووی تێدەکرد ئەوانیش بەدوایدا
دەچوون، لە ڕۆیشتندا لایان نەدەدا. ١٢هەموویان
لاشەکانیان، پشت و دەست و باڵ و چەرخەکان
پڕبوون لە چاو[b] بە هەر چواردەوریدا بۆ هەر چوار
چەرخەکە. ١٣گوێم لێ بوو چەرخەکان پێیان دەگوترا
«چەرخی خولاوە». ١٤هەر کەڕوبێکیش چوار ڕووی
هەبوو، ڕووی یەکەم ڕووی کەڕوب، ڕووی دووەم
ڕووی مرۆڤ، ڕووی سێیەم ڕووی شێر و ڕووی
چوارەم ڕووی هەڵۆ بوو.

[a] ٣ لە باشووری پەرستگاکە.
[b] ١٢ بڕوانە ١:١٨.

١٥ئینجا کەڕوبەکان بەرز بوونەوە، ئەمانە ئەو گیانلەبەرانەن کە لەلای نۆکەندی کەڤار بینیبووم. ١٦لەگەڵ ڕۆیشتنی کەڕوبەکان، چەرخەکانیش لەتەنیشتیانەوە ڕۆیشتن، کە کەڕوبەکان باڵەکانیان بەرزکردەوە بۆ بەرزبوونەوە لە زەوی، چەرخەکان هەر لەتەنیشتیان مانەوە. ١٧کە کەڕوبەکان ڕادەوەستان ئەوانیش ڕادەوەستان، کە بەرز دەبوونەوە ئەوانیش بەرز دەبوونەوە، چونکە گیانی گیانلەبەرەکان لەناو چەرخەکاندا بوو.

١٨ئینجا شکۆمەندی یەزدان لە بەردەرگای پەرستگاکەوە ڕۆیشت و لەسەر کەڕوبەکان وەستا. ١٩لەبەرچاوم کەڕوبەکان باڵەکانیان بەرزکردەوە و لەسەر زەوی بەرزبوونەوە، لە کاتی ڕۆیشتنیان چەرخەکانیشیان لەگەڵ بوو، لەلای دالانی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی ماڵی یەزدان وەستان، شکۆمەندی خودای ئیسرائیلیش لەسەر سەریان بوو.

٢٠ئەمانە ئەو گیانلەبەرانەن کە لەلای نۆکەندی کەڤار لەژێر خودای ئیسرائیل بینیبووم، زانیم کە ئەمانە کەڕوبن. ٢١هەریەکەیان چوار ڕوو و چوار باڵی هەبوو، لەبن باڵەکانیشەوە لە شێوەی دەستی مرۆڤیان هەبوو. ٢٢شێوەی ڕووەکانیشیان، شێوەی ئەو ڕووانە بوو کە لەلای نۆکەندی کەڤار بینیم، دیمەنیان و خۆشیان. هەریەکە بەرەو پێش دەڕۆیشت.

## سەپاندنی حوکمی یەزدان

١١ ئینجا ڕۆحی خودا هەڵیگرتم و منی هێنایە لای دەروازەی ڕۆژهەڵاتی ماڵی یەزدان. بیست و پێنج پیاو لەبەر دەروازەکە بوون و لەنێویاندا دوو ڕابەری گەل، یازەنیاهوی کوڕی عەزور و پەلەتیای کوڕی بەنایام بینی. ٢یەزدان پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەوانە ئەو پیاوانەن کە بیر لە بەدکاری دەکەنەوە، لەم شارە پیلان دادەڕێژن و ڕاوێژی خراپ پێشکەش دەکەن، ٣دەڵێن: ”کاتەکە لەبار نییە بۆ دروستکردنی خانوو، شار مەنجەڵە و ئێمەش گۆشتەکەین.“ ٤لەبەر ئەوە پێشبینی بکە لەسەریان، ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بکە!»

٥جا ڕۆحی یەزدان هاتە سەرم و پێی فەرمووم: «بڵێ، یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئێوە وا دەڵێن، بەڵام من دەزانم چی لەژێر سەرتانە. ٦زۆرتان لەو شارە کوشتووە، کۆڵانەکانیتان پڕکرد لە کوژراو.

٧«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەوانەی ئێوە کوشتتان و فڕێتاندانە ناوەڕاستی شارەکە، ئەوان گۆشتن و شاریش مەنجەڵەکە، ئێوەش لەناوەڕاستی دەردەکەم. ٨ئێوە لە شمشێر دەترسن، شمشێرتان دەهێنمە سەر. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ٩لە شار دەرتاندەهێنم و دەتاندەمە دەست بێگانە، سزاتان دەدەم. ١٠بە شمشێر دەکوژرێن، لەسەر سنووری ئیسرائیل حوکمتان بەسەردا دەسەپێنم، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم. ١١ئەم شارە بۆ ئێوە نابێت بە مەنجەڵ و ئێوەش نابن بە گۆشتەکەی ناوی، بەڵکو لەسەر سنووری ئیسرائیل حوکمتان بەسەردا دەسەپێنم. ١٢ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، چونکە ڕێگای فەرزەکانی منتان پەیڕەو نەکردووە و کارتان بە حوکمەکانی من نەکردووە، بەڵکو بەپێی بنەماکانی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆتان ڕۆیشتن.»

١٣کاتێك کە پێشبینیم دەکرد، پەلەتیای کوڕی بەنایا مرد. جا بەسەر ڕوومدا کەوتم و بە دەنگێکی بەرز هاوارم کرد و گوتم: «ئای یەزدانی باڵادەست! ئایا تۆ پاشماوەی ئیسرائیل بە تەواوی لەناودەبەیت؟»

١٤ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ١٥«ئەی کوڕی مرۆڤ، دانیشتووانی ئۆرشەلیم سەبارەت بە براکانت، خزمەکانی خۆت و هەموو ڕاپێچکراوانی گەلی ئیسرائیل، گوتیان: ”ئەوان لە یەزدان دوورکەوتنەوە، لەبەر ئەوە یەزدان خاکەکەی بە میرات بە ئێمە بەخشی.“

## بەڵێنی کۆکردنەوەی ئیسرائیل

١٦«لەبەر ئەوە بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: هەرچەندە بۆ ناو نەتەوەکانیش دوورم خستبنەوە و بەناو خاکەکاندا پەرتەوازەم کردبن، بۆ

ماوەیەکی کەم بۆ ئەوان بووم بە پەناگایەکی پیرۆز
لەو خاکانەی کە بۆی چوون.“
[١٧]«لەبەر ئەوە بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرمووێت: من لەنێو گەلان کۆتان دەکەمەوە
و لەناو ئەو خاکانەی تێیدا پەرتەوازە بوونە
دەتانگەڕێنمەوە و خاکی ئیسرائیلتان پێدەدەمەوە.“
[١٨]«بۆ ئەوێ دەگەڕێنەوە و هەموو وێنەیەکی
قێزەون و بتێکی گڵاوی لێ دادەماڵن. [١٩]یەك دڵیان
دەدەمێ، ڕۆحێکی تازە دەخەمە ناویانەوە. ئەو
دڵە بەردینەیان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینیان
دەدەمێ، [٢٠]بۆ ئەوەی ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن
و حوکمەکانم بپارێزن و کاری پێ بکەن، ببن بە گەلی
من و منیش دەبم بە خودای ئەوان. [٢١]بەڵام ئەوانەی
دڵیان بەدوای وێنەی قێزەون و بتی گڵاو کەوتووە،
من کردەوەکانی خۆیان بەسەر خۆیاندا دەهێنمەوە.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»
[٢٢]ئینجا کەڕووبەکان باڵەکانیان بەرزکردەوە
و چەرخەکانیش لەگەڵیان، شکۆمەندی خودای
ئیسرائیلیش لەسەر سەریان بوو. [٢٣]شکۆمەندی
یەزدان لەسەر ناوەڕاستی شارەکە بەرزبووەوە و
لەسەر ئەو کێوە ڕاوەستا کە لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەیە.
[٢٤]ڕۆحی خودا هەڵیگرتم و لە بینیندا منی هێنایە
خاکی بابلییەکان بۆ لای ڕاپێچکراوەکان.
لێرەدا ئەو بینینە لەبەرچاوم نەما، [٢٥]ئیتر هەموو
ئەوەی یەزدان پیشانی دام بە ڕاپێچکراوەکانم
ڕاگەیاند.

## نیشانەی ڕاپێچکردن

١٢ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
[٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، تۆ لەناو ماڵێکی
یاخیدا نیشتەجێی، ئەوانەی چاویان هەیە بۆ ئەوەی
ببینن، بەڵام نابینن، گوێیان هەیە بۆ ئەوەی ببیستن،
بەڵام نابیستن، چونکە بنەماڵەیەکی یاخین.
[٣]«لەبەر ئەوە، ئەی کوڕی مرۆڤ، هەگبەی
ڕاپێچکردن بۆ خۆت ئامادە بکە و بە ڕۆژ لەبەرچاویان
بڕۆ، لەم شوێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەبەرچاویان
بڕۆ، بەڵکو تێبگەن، هەرچەندە بنەماڵەیەکی یاخین.
[٤]بە ڕۆژ لەبەرچاویان هەگبەکەت دەردەهێنیت،
وەك هەگبەی ڕاپێچکراوان. ئێوارە لەبەرچاویان
بڕۆ دەرەوە، وەك ئەوانەی ڕاپێچ دەکرێن. [٥]بە
بەرچاویانەوە دیوار کون بکە و لە کونەکەوە
هەگبەکە دەربهێنە. [٦]بە بەرچاویانەوە لەسەر شانت
هەڵیبگرە، کاتێك کە تاریکی دادێت دەریبهێنە،
دەموچاوت داپۆشە کە خاکەکە نەبینیت، چونکە تۆم
کردووە بە نیشانەیەك بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل.»
[٧]منیش هەروەك ئەوەی فەرمانم پێ کرابوو
وام کرد. هەگبەکەم وەك هەگبەی ڕاپێچکردن بە
ڕۆژ دەرهێنا، ئێوارەش بە دەستی خۆم دیوارم کون
کرد، کە تاریکی داهات لەبەرچاویان لەسەر شانم
هەڵمگرت و هێنامە دەرەوە.
[٨]بۆ بەیانی فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [٩]«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئایا گەلی ئیسرائیلی
یاخی لە تۆیان نەپرسی: ”ئەوە چی دەکەیت؟“
[١٠]«پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرمووێت: ئەم سروشە[a] سەبارەت بەو میرەیە
کە لە ئۆرشەلیمە و هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل و بۆ
ئەوانەش کە لەوێن.“ [١١]بڵێ: ”من نیشانەم بۆ ئێوە.“
«من چیم کرد، ئاوایان پێ دەکرێت، بە دیل
دەگیرێن و ڕاپێچ دەکرێن.
[١٢]«ئەو میرەش کە لەنێویانە کە تاریکی
داهات هەگبەکەی لەسەر شان هەڵدەگرێت و
دەڕوات. دیوار کون دەکەن هەتا لێوەی بچنە
دەرەوە. دەموچاوی دادەپۆشێت هەتا بە چاوی
خۆی خاکەکە نەبینێت. [١٣]منیش تۆڕی خۆمی بۆ
دادەنێمەوە، دەکەوێتە تۆڕەکەمەوە، دەیهێنم بۆ
بابل، خاکی کلدانییەکان، بەڵام نایبینێت و لەوێ
دەمرێت. [١٤]هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون بۆ
یارمەتیدانی و هەموو لەشکرەکانی، بە دەم هەموو
بایەکدا پەرتەوازەیان دەکەم و بە شمشێرێکی
هەڵکێشراو ڕاویان دەنێم.

[a] ١٠ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

١٥«ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم، کاتێك بەناو
نەتەوەکاندا پەرتیان دەکەم و بەنێو شانشینەکاندا
پەرتەوازەیان دەکەم. ١٦چەند کەسێکی کەمیان لە
شمشێر و قاتوقڕی و دەرد لێ دەهێڵمەوە، هەتا
لەنێو ئەو نەتەوانەی بۆ ناویان دەچن باسی هەموو
نەریتە قێزەونەکانیان بکەن، ئیتر ئەوان دەزانن کە
من یەزدانم.»
١٧فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
١٨«ئەی کوڕی مرۆڤ، بەدەم لەرزینەوە نانت بخۆ،
بە ترس و خەمەوە ئاوت بخۆوە. ١٩بە گەلی خاکەکە
بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست سەبارەت بە دانیشتووانی
ئۆرشەلیم و خاکی ئیسرائیل ئەمە دەفەرموێت: بە
خەمەوە نانیان دەخۆن و بە واقوڕمانەوە ئاویان
دەخۆنەوە، چونکە خاکەکەیان وێران دەبێت لەبەر
پڕبوونی لە ستەمی هەموو دانیشتووانەکەی ناوی.
٢٠شارە ئاوەدانەکان کاول دەکرێن و خاکەکە چۆڵ
دەبێت، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.“»
٢١فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەم پەندە چییە کە لەسەر
خاکی ئیسرائیل هەتانە، ئەوەی دەڵێت: ”ڕۆژگار
درێژەی کێشا و هەموو بینینەکان نایەنە دی“؟
٢٣لەبەر ئەوە پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: ئەم پەندە بەتاڵ دەکەمەوە و ئیتر
لەناو ئیسرائیلدا نایکەن بە پەند.“ بەڵکو پێیان
بڵێ: ”ڕۆژگار نزیك بووەوە، هەموو بینینێك دێتە
دی، ٢٤چونکە لەمەودوا هیچ بینینێکی بەتاڵ و
فاڵگرتنەوەی زمان لووسی لەنێو بنەماڵەی ئیسرائیلدا
نابێت. ٢٥بەڵکو من یەزدانم، ئەوەی بمەوێت
بیفەرمووم، دەیفەرمووم و دێتە دی. ئەی بنەماڵەی
یاخی، لەمەودوا درێژە ناکێشێت، چونکە ئەوەی
دەیفەرمووم لە سەردەمی خۆتان دەیهێنمە دی.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“»
٢٦فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢٧«ئەی کوڕی مرۆڤ، وا بنەماڵەی ئیسرائیل دەڵێن:
”ئەو بینینەی بۆی ئاشکرا کرا بۆ ڕۆژگارێکی زۆر
لەدوای ئەمەیە و ئەو بۆ سەردەمە دوورەکان
پێشبینی دەکات.“
٢٨«لەبەر ئەوە پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست
ئەمە دەفەرموێت: لەمەودوا هیچ یەك لە وشەکانم
درێژە ناکێشێت، ئەو وشەیەی فەرمووم دێتە دی.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“»

## قوڕبەسەر پێغەمبەرە درۆزنەکان

١٣ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات
فەرمووی: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی
بکە لەسەر پێغەمبەرەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی
لەخۆیانەوە پێشبینی دەکەن: ”گوێ لە فەرمایشتی
یەزدان بگرن! ٣یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
قوڕبەسەر ئەو پێغەمبەرە گێلانەی بەدوای ڕۆحی
خۆیان کەوتوون و هیچیان نەبینیوە. ٤ئەی ئیسرائیل،
پێغەمبەرەکانتان وەك چەقەڵی ناو کەلاوەیان لێ
هاتووە. ٥سەرنەکەوتن کەلێنی دیوارێك بگرن،
شوورایەکیشتان بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل بنیاد نەنایەوە
بۆ ئەوەی لە جەنگ بەرگریتان لێ بکات لە ڕۆژی
یەزدان[a]. ٦ئەوانەی بینینیان بەتاڵ و فاڵگرتنەوەیان
درۆ بوو، دەڵێن: ’سروشی یەزدانە‘ و هەرچەندەش
یەزدان ئەوانی نەناردووە، کەچی چاوەڕێی هاتنەدی
پێشبینییەکەیان بوون. ٧ئایا بینینی بەتاڵتان بۆ ئاشکرا
کرا و بە فاڵگرتنەوەی درۆ قسەتان نەکرد، کە دەڵێن:
’سروشی یەزدانە،‘ من قسەم نەکردووە؟
٨«”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: چونکە بە بەتاڵی قسەتان کرد و
بینینەکانتان درۆ بوون، لەبەر ئەوە من لە دژی ئێوەم.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ٩دەستیشم لە
دژی ئەو پێغەمبەرانە دەبێت کە بینینەکانتان درۆ
بوون، بینینیان بەتاڵە و فاڵگرتنەوەیان درۆیە. لەناو
ئەنجومەنی گەلەکەم نابن و لەناو کتێبی بنەماڵەی
ئیسرائیل ناویان نانووسرێت و ناچنە ناو خاکی
ئیسرائیلەوە. ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی
باڵادەستم.

[a] ٥ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگارکردنی گەلی خودا.

١٠«"لەبەر ئەوەی گەلەکەی منیان گومڕا کرد،
دەڵێن: 'ئاشتی!' ئاشتیش نییە، ئەو دیوارە لاوازەی
خەڵکی بنیادی دەنێن، ئەوان بە گەچ سواخی
دەدەن. ١١بەوانە بڵێ کە بە گەچ سواخی دەدەن:
'دەکەوێت.' بارانێکی بەخوڕ دەبارێت، ئەی تەرزە
بەردینەکان ئێوەش دەبارن و بایەکی بەهێزیش
کەلێنی تێدەکات. ١٢ئەوەتا کە دیوارەکە دەڕووخێت،
ئایا پێتان ناڵێن: 'کوا ئەو گەچەی پێتان سواخ دابوو؟'
١٣«"لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: من لە تووڕەییمدا بە بایەکی بەهێز
کەلێنی تێدەکەم، لە هەڵچوونم بارانی بەخوڕ و
تەرزەی بەردین دەنێرم بۆ لەناوبردنی. ١٤ئەو دیوارە
دەڕووخێنم کە بە گەچ سواختان داوە، لەگەڵ زەوی
تەختی دەکەم، بناغەکانی دەردەکەون. کاتێك
دیوارەکە دەکەوێت، ئێوەش لەناویدا دەفەوتێن،
ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم. ١٥جا تووڕەیی خۆم
دەڕێژم بەسەر دیوارەکە و ئەوانەی بە گەچ سواخی
دەدەن، پێتان دەڵێم: 'دیوارەکە و ئەوانەش کە بە
گەچ سواخیان داوە نەماون، ١٦ئەو پێغەمبەرانەی
ئیسرائیل کە پێشبینییان بۆ ئۆرشەلیم کرد و بینینی
ئاشتییان ڕاگەیاند، هیچ ئاشتیش نەبوو. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.'"
١٧«ئێستاش، ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت لە کچانی
گەلەکەت بکە، ئەوانەی لە خۆیانەوە پێشبینی
دەکەن، پێشبینی لەسەر ئەوان بکە و ١٨بڵێ:
"یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: قوڕبەسەر
ئەو ژنانەی نوشتە لە شێوەی بازووبەند دەدورن بۆ
مەچەکیان، نوشتە لە شێوەی سەرپۆش بۆ هەموو
سەرێك دروستدەکەن، بۆ ڕاوکردنی گیانەکان. ئایا
ئێوە دڵ و دەروونی گەلەکەم ڕاو دەکەن و خۆتان بە
زیندووی دەهێڵنەوە؟ ١٩ئێوە لەلای گەلەکەم لەبەر
مشتێك جۆ و هەندێك لەتە نان گڵاوم دەکەن. بە
درۆکردنتان بۆ گەلەکەم کە گوێ لە درۆ دەگرن،
ئێوە ئەو کەسانەی کە شایستەی مردن نەبوون
کوشتووتانن و ئەوانەی شایشتەی ژیان نەبوون بە
زیندوویی هێشتووتانەوە.

٢٠«"لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: من لە دژی نوشتەکانی ئێوەم کە
لەسەر شێوەی بازووبەندە، کە وەك باڵندە مرۆڤی
پێ ڕاو دەکەن، لەسەر بازووتان دەیدڕێنم و ئەو
مرۆڤانەی وەك باڵندە ڕاویان دەکەن بەڕەڵایان
دەکەم. ٢١سەرپۆشەکانتان دەدڕێنم و فریای گەلەکەم
دەکەوم لە دەستتان، لەمەودوا لەناو دەستتان نابن
بۆ ڕاوکردنیان، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.
٢٢لەبەر ئەوەی بە درۆ دڵی ڕاستودروستتان خەمبار
کرد کە من خەمبارم نەکردبوو، هەروەها خراپەکارتان
هاندا هەتا لە ڕێگا خراپەکانی نەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی
بژییێت، ٢٣هەر بۆیە لەمەودوا بینینی بەتاڵیان بۆ
ئاشکرا ناکرێت و چیتر فاڵ ناگرنەوە، فریای گەلەکەی
خۆم دەکەوم لە دەستتان، ئیتر ئێوە دەزانن کە من
یەزدانم."»

## حوکمی بتپەرستان

١٤ چەند پیاوێك لە پیرەکانی ئیسرائیل
هاتنە لام و لەبەردەمم دانیشتن. ٢ئینجا
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ٣«ئەی
کوڕی مرۆڤ، ئەم پیاوانە لە دڵەوە بتپەرستی دەکەن
و کۆسپی تاوانکارییان لەبەردەمی خۆیان داناوە،
جا ئایا لەلایەن ئەوانەوە هیچ پرسێکم پێ بکرێت؟
٤لەبەر ئەوە قسەیان لەگەڵ بکە و پێیان بڵێ:
"یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: هەرکەسێك
لە بنەماڵەی ئیسرائیل لە دڵەوە بتپەرستی بکات
و کۆسپی تاوانکاری لەبەر ڕووی خۆی دابنێت،
ئینجا بێتە لای پێغەمبەرەکە، ئەوا من کە یەزدانم
بەگوێرەی دڵسۆزییە زۆرەکەی بۆ بتەکانی وەڵامی
دەدەمەوە. ٥وا دەکەم بۆ ئەوەی دەست بەسەر دڵی
بنەماڵەی ئیسرائیلدا بگرمەوە، چونکە هەموویان
لەبەر بتەکانیان لە من هەڵگەڕانەوە."
٦«لەبەر ئەوە بە بنەماڵەی ئیسرائیل بڵێ:
"یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: تۆبە بکەن!
لە بتەکانتان بگەڕێنەوە و ڕووتان لە هەموو نەریتە
قێزەونەکانتان وەربگێڕن.

[٧]«"ئەگەر هەرکەسێك لە گەلی ئیسرائیل یان
لەو نامۆیانەی لە ئیسرائیلن لە من دووربکەوێتەوە
و لە دڵەوە بتپەرستی بکات و کۆسپی تاوانکاری
لەبەردەمی خۆی دابنێت، ئینجا بێتە لای
پێغەمبەرەکە هەتا پرس بە من بکات، من کە
یەزدانم خۆم وەڵامی دەدەمەوە. [٨]ڕووی خۆم لەو
کەسە وەردەگێڕم و دەیکەمە نیشانە و پەند. لەنێو
گەلەکەم ڕیشەکێشی دەکەم، ئیتر ئێوە دەزانن کە
من یەزدانم.

[٩]«"ئەگەر پێغەمبەرەکە بە فریودراوی قسەیەکی
کرد، من کە یەزدانم ئەو پێغەمبەرەم فریوداوە[a] و
دەستی بۆ درێژ دەکەم و لەنێو گەلەکەم دەیفەوتێنم.
[١٠]تاوانی خۆیان لە ئەستۆی خۆیان دەبێت، تاوانی
پێغەمبەرەکەش وەك تاوانی داواکارەکە دەبێت.
[١١]ئیتر جارێکی دیکە بنەماڵەی ئیسرائیل نە لە
من گومڕا دەبن و نە دەگەڕێنەوە سەر هیچ لە
یاخیبوونەکانیان و نە ئیتر گڵاو دەبن، بەڵکو دەبن
بە گەلی من و منیش دەبم بە خودای ئەوان. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە."»

## دەربازبوون لە حوکمی یەزدان مەحاڵە

[١٢]ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [١٣]«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەگەر هەر خاکێك
دەرحەق بە من گوناه بکات، بەوەی ناپاکییەکەم
لەگەڵ بکات، منیش دەستم درێژ کردە سەری
و نانیم بڕی و قاتوقڕیم ناردە سەری، مرۆڤ و
ئاژەڵم لێی ڕیشەکێش کرد، [١٤]هەرچەندە ئەم سێ
پیاوەشی تێدابێت، نوح و دانیال و ئەیوب، ئەوان بە
ڕاستودروستی تەنها خۆیان فریای خۆیان دەکەون.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

[١٥]«ئەگەر گیانلەبەری دڕندە بەناو خاکەکەدا
ڕەت بکەم و وەجاخکوێری بکەن و بەهۆی
گیانلەبەرەکانەوە ببێتە چۆڵەوانی بەبێ ڕێبوار،
[١٦]بە گیانی خۆم، تەنانەت ئەگەر ئەم سێ پیاوەش
لەناوەڕاستیدا بێت، ئەوا فریای کوڕ و کچیان ناکەون،
تەنها فریای خۆیان دەکەون و خاکەکەش دەبێتە
چۆڵەوانی. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
[١٧]«یان ئەگەر شمشێرم هێنایە سەر ئەو خاکە و
فەرمووم: "با شمشێر بەناو ئەم خاکەدا تێبپەڕێت،"
ئیتر مرۆڤ و ئاژەڵم لێی ڕیشەکێش کرد، [١٨]بە گیانی
خۆم، تەنانەت ئەگەر ئەم سێ پیاوەش لەناوەڕاستیدا
بێت، ئەوا فریای کوڕ و کچیان ناکەون، تەنها خۆیان
دەرباز دەکەن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
[١٩]«یان ئەگەر دەردم ناردە سەر ئەو خاکە و بە
خوێن تووڕەیی خۆم لێی دەربڕی، هەتا مرۆڤ و
ئاژەڵی لێ ببڕمەوە، [٢٠]ئەگەر نوح و دانیال و ئەیوبیش
لەناوەڕاستی بوون، بە گیانی خۆم، ئەوان فریای کوڕ
و کچێکیش ناکەون، بەڵکو بە ڕاستودروستییەکەیان
فریای خۆیان دەکەون. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.

[٢١]«چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
ئەی چەند زیاتر، ئەگەر چوار حوکمە توندەکانم
بنێرمە سەر ئۆرشەلیم، شمشێر و قاتوقڕی و
گیانلەبەری دڕندە و دەرد، هەتا مرۆڤ و ئاژەڵی
لێ ببڕمەوە. [٢٢]بەڵام هەندێکیان ماونەتەوە و
دەربازبوون، کوڕان و کچان کە لە شارەکەوە
دەردەهێنرێن. ئەوەتا بۆ لاتان دێنە دەرەوە و ئێوەش
تەماشای ڕەفتار و کردەوەیان دەکەن و دڵنەوایی
دەکرێن لەبەر ئەو بەڵایەی بەسەر ئۆرشەلیمم
هێنا. [٢٣]کە ڕەفتار و کردەوەی خراپیان دەبینن، ئەوا
دڵنەوایی خۆتان دەکەن، چونکە ئەو کاتە دەزانن
کە من بەبێ هۆ هەموو ئەوانەم تێیدا نەکرد. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## ئۆرشەلیم دار مێوێکی بێ کەڵکە

١٥ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، بە بەراورد
لەگەڵ لقی هەر دارێك لەو دارانەی لە دارستاندان،
لقی دار مێو چییە؟ [٣]ئایا دار لەم لقە دەبردرێت
بۆ دروستکردنی هەر شتێك لە هەر کارێك، یان
سنگۆڵکەی دیواری لێ دروستبکەن بۆ ئەوەی

[a] ٩ لەبارەی فریودانەوە بڕوانە یەکەم پاشایان ٢٢:١٩-٢٨.

کەلوپەلێکی پێدا هەڵبواسن؟ ٤دوای ئەوەی دەبێت بە خۆراکی ئاگر و ئاگر لە هەردوو سەرەوە دەیخوات و ناوەڕاستەکەی دەسووتێنێت، ئایا ئیتر بە کەڵکی هیچ شتێك دێت؟ ٥ئەو کاتەی کە ساغ بوو بە کەڵکی هیچ نەدەهات، دوای ئەوەی ئاگر خواردی و سووتا ئیتر چۆن بە کەڵك دێت؟

٦«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: وەك لقی دار مێو لەنێو لقەکانی دارستان، ئەوەی کردم بە خۆراکی ئاگر، ئاواش لە دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەکەم. ٧ڕووی خۆم لەوان وەردەگێڕم. هەرچەندە لە ئاگر هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام ئاگرەکە دەیانخوات. کاتێك ڕووی خۆم لەوان وەردەگێڕم، ئەوا ئێوە دەزانن کە من یەزدانم. ٨خاکەکە وێران دەکەم، چونکە ناپاکییان لەگەڵ کردم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## چیرۆکێك دەربارەی بێوەفایی ئۆرشەلیم

١٦ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئۆرشەلیم ڕووبەڕووی کارە قێزەونەکانی خۆی بکەرەوە و ٣بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست بە ئۆرشەلیم ئەمە دەفەرموێت: ڕەچەڵەك و لەدایکبوونت لە خاکی کەنعان بوو. باوکت ئەموری بوو، دایکیشت حیتی. ٤ئەو ڕۆژەی لەدایك بوویت ناوکت نەبڕاوە، بۆ پاکبوونەوە بە ئاو نەشوشترای، بە خوێ سوێر نەکرایت، قۆنداغ نەکرایت. ٥هیچ چاوێك بە میهرەبانییەوە تەماشای نەکردیت و دڵی پێت نەسووتا هەتا یەکێك لەمانەت بۆ بکات، بەڵکو ئەو ڕۆژەی لەدایك بووی لەبەر بێزلێبوونەوە لە دەشتودەر فڕێدرایت.

٦«”من بەلاتدا تێپەڕیم و بینیم خەڵتانی خوێنی خۆت بوویت، کە لە خوێنی خۆتدا پاڵکەوتبوویت، پێم فەرموویت: ’بژی!‘ ٧وەك ڕووەکی کێڵگە من خزمەتم کردیت بۆ ئەوەی پێ بگەیت، ئیتر گەشەت کرد و گەورە بوویت و گەیشتیت بە تەمەنی هەرزەکاری. مەمکەکانت بناغەیان دانا و مووی لەشت درێژبوو، ئەو کاتە تۆ ڕووتوقووت بوویت.

٨«”دیسان بەلاتدا تێپەڕیم و تۆم بینی، ئەوەتا تەمەنی دڵدارییە. ئینجا دامێنی کراسەکەم بەسەرتدا دا[a] و ڕووتی تۆم داپۆشی و سوێندم بۆت خوارد و پەیمانم لەگەڵتدا بەست، لەبەر ئەوە تۆ بوویتە هی من. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

٩«”بە ئاو تۆم شوشت و خوێنەکەتم لێت پاککردەوە، ئینجا بە زەیت چەورم کردیت. ١٠جلێکی نەخشێنراوم لەبەرکردیت و پێڵاوی پێستی مانگای دەریام[b] لە پێ کردیت. کەوایەکی کەتانی ناسکم خستە سەر شانت و بە حەریر تۆم پۆشی. ١١بە خشڵ تۆم ڕازاندەوە، بازنم لە دەستت کرد، ملوانکەم لە مل کردیت، ١٢خەزێمم لە لووتت کرد، گوارەشم لە گوێت کرد و تاجی جوانیم لە سەرت نا. ١٣جا بە زێڕ و زیو خۆتت ڕازاندەوە، کەتانی ناسك و حەریر و قوماشی نەخشێنراو بەرگت بوو. باشترین ئارد و هەنگوین و زەیتت خوارد. زۆر زۆر جوان بوویت، شیاوی ئەوە بوویت ببیتە شاژن. ١٤لەبەر جوانیت ناوبانگت لەنێو نەتەوەکان دەرکرد، چونکە بەهۆی شکۆمەندییەکەم کە پێم بەخشیبوویت جوانییەکەت تەواو بوو. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

١٥«”بەڵام تۆ پشتت بە جوانییەکەت و بە ناوبانگت بەستبوو، لەشفرۆشیت کرد و لەشفرۆشییەکەتت بەسەر هەموو ڕێبوارێکدا ڕشت و جوانییەکەت بووە هی ئەو. ١٦لە جلوبەرگەکەی خۆتت برد و نزرگە ڕازاوەکانی سەر بەرزاییەکانت بۆ خۆت دروستکرد و لەسەری لەشفرۆشیت[c] کرد، شتێك کە نە بووە و نە دەبووایە ببێت. ١٧کەلوپەلی جوانییەکەت لە زێڕ و زیوەکەی من برد کە پێم دایت و لەوان بتی نێرینەت دروستکرد و تۆ لەشفرۆشیت لەگەڵ کردن. ١٨جلە

[a] ٨ دەربڕینێك بۆ مارەبڕین.

[b] ١٠ مانگای دەریا: بڕوانە دەرچوون ٥:٢٥.

[c] ١٦ بە واتای لەشفرۆشی جەستەیی و ڕۆحیش دێت. بەو کەسە دەگوترێت کە لاف لێدەدات بەوەفایە بۆ یەزدان، بەڵام لە هەمان کاتدا ستایش و قوربانی بۆ خودایەکی دیکە دەکات. واتە لە بنەڕەتدا کەسەکە بێوەفایە لەگەڵ یەزدان، هەروەك چۆن ژن ناپاکی لە مێردەکەی بکات.

نەخشێنراوەکانی خۆتت برد و ئەوانت پێ داپۆشی و
زەیت و بخووری منت لەبەردەمیان دانا. [١٩]هەروەها
ئەو خواردنەی کە بە تۆم دا، لە باشترین ئارد و
زەیت و هەنگوین، تۆ لەبەردەم ئەو بتانە وەك
بخووری بۆنخۆش پێشکەشت کرد، ئەمەش ئەوەیە
کە ڕوویداوە. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
[٢٠]«”ئەو کوڕ و کچانەت برد کە بۆ منت
ببوو، سەرت بڕین و بۆ بتەکانت کردە قوربانی،
وەك خواردن پێشکەشی بتەکانت کردن. ئایا
لەشفرۆشییەکەت بەس نەبوو؟ [٢١]هاتیت و
منداڵەکانی منیشت سەربڕی و بە ئاگر سووتاندنت
بۆ بتەکان؟ [٢٢]لە هەموو نەریتە قێزەونەکانت و
لەشفرۆشییەکەت، سەردەمی لاوێتیت بەبیر
نەهاتەوە، ئەو کاتەی کە ڕووتوقووت بوویت و
خەڵتانی خوێنی خۆت بوویت.
[٢٣]«”یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: قوڕبەسەر!
قوڕبەسەر تۆ! دوای هەموو خراپەکانت، [٢٤]تۆ بۆ
خۆت گومەز و نزرگەی بەرزت لە هەموو گۆڕەپانێکدا
دروستکرد. [٢٥]لەسەر هەموو ڕێگایەك نزرگەی بەرزی
خۆتت بنیاد نا و جوانییەکەتت گڵاوکرد، ناوگەڵت بۆ
هەموو ڕێبوارێك کردەوە و لەشفرۆشیت زۆر کرد.
[٢٦]لەگەڵ خەڵکی میسری دراوسێت کە هەوەسبازن
لەشفرۆشیت کرد و بە زیادکردنی بەدڕەوشتییەکەت
پەستت کردم. [٢٧]لەبەر ئەوە منیش دەستم بۆ ئێوە
درێژ کرد و بەشە خاکەکەی تۆم کەم کردەوە و تۆم
دایە دەست چاوبرسییەکان، ئەوانەی ڕقیان لێتە،
کچانی فەلەستییەکان، کە شەرمیان لە ڕەفتاری
تۆ دەکرد. [٢٨]بەڵام کە تێر نەبوویت، هاتیت و
لەگەڵ ئاشورییەکانیشدا لەشفرۆشیت کرد، لەگەڵ
ئەوەشدا هەر تێر نەبوویت. [٢٩]سەرەڕای ئەوەش
لەشفرۆشییەکەتت هەتا خاکی بازرگانە بابلییەکان
فراوان کرد، بەمەش هەر تێر نەبوویت.
[٣٠]«”یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: دڵت
چەند نەخۆشە، کە هەموو ئەم کارانەت کرد، وەك
کردەوەی لەشفرۆشێکی بەڕەڵا. [٣١]گومەزی خۆتت
لەسەر هەموو ڕێگایەك بنیاد نا، نزرگەی بەرزیشت
لە هەموو گۆڕەپانێك، بەڵام تۆ بە پێچەوانەی
لەشفرۆشانەوە بوویت، چونکە کرێت ڕەت
دەکردەوە.
[٣٢]«”ئەی ژنی بەدڕەوشت، ئەوەی کە لە جێی
مێردەکەی بێگانان دەبات! [٣٣]هەموو لەشفرۆشێك
کرێ وەردەگرێت، بەڵام تۆ دیاریت دایە هەموو
دۆستەکانی خۆت، بەرتیلت دانێ هەتا لە هەموو
لایەکەوە بێن و داوێنپیسیت لەگەڵ بکەن. [٣٤]جا
لە لەشفرۆشییەکەتدا پێچەوانەی لەشفرۆشانی
دیکە بوویت، چونکە بەدوای تۆ نەدەکەوتن بۆ
لەشفرۆشی، بەڵکو تۆ کرێت دەدا و هیچ کرێیەك بە
تۆ نەدەدرا، جا بە پێچەوانەوە بوویت.
[٣٥]«”جا ئەی لەشفرۆش، گوێ لە فەرمایشتی
یەزدان بگرە، [٣٦]یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی پەردەی شەرمی خۆتت
دادڕی و لە لەشفرۆشییەکەت لەگەڵ دۆستانت
ڕووتیت دەرکەوت، هەروەها لەبەر هەموو بتە
قێزەونەکانت کەوا خوێنی منداڵەکانت پێشکەش
بە ئەوان کرد، [٣٧]من هەموو دۆستانت کۆدەکەمەوە
ئەوانەی بەچێژ بوویت بۆیان، لەگەڵ هەموو
ئەوانەی خۆشت ویستن و هەموو ئەوانەی ڕقت
لێیان بوو، هەموویان لەسەرت کۆدەکەمەوە و
ڕووتیت بۆیان دەردەخەم، هەتا تەماشای هەموو
ڕووتییەکەت بکەن. [٣٨]من حوکمی ژنە داوێنپیسەکان
و خوێنڕێژەکانت بەسەردا دەدەم و خوێنی تووڕەیی
تۆڵەسێنەر و دڵگەرمی هەڵچوونی خۆمتان بەسەردا
دەهێنم. [٣٩]دەتدەمە دەستی دۆستەکانت، ئینجا
گومەز و نزرگە بەرزەکانت دەڕووخێنن و جلەکانت
لەبەر دادەکەنن. کەرەستەی خۆڕازاندنەوەکەت
دەبەن و بە ڕووتوقووتی جێت دەهێڵن. [٤٠]چەتە
دەهێننە سەرت و بەردبارانت دەکەن و بە
شمشێرەکانیان لەتوپەتت دەکەن. [٤١]خانووەکانت بە
ئاگر دەسووتێنن و لەبەرچاوی زۆر ئافرەتان سزات
دەدەن، لە لەشفرۆشی ڕات دەگرم و چیتر کرێ
نادەیتە دۆستەکانت. [٤٢]دوای ئەوە تووڕەیی خۆم

لەسەرت هێور دەکەمەوە، جا ئیرەییم لەسەرت
نامێنێت و هێمن دەبمەوە و چیتر تووڕە نابم.
٤٣«”لەبەر ئەوەی سەردەمی لاوێتیت بەبیر
نەهاتەوە، بەڵکو بە هەموو ئەمانە تووڕەت کردم،
جا منیش بێگومان کردەوەکانت بەسەر خۆتدا
دەهێنمەوە. ئایا لەسەر هەموو نەریتە قێزەونەکانت
بێ شەرمیت نەکردووە؟ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.

٤٤«”هەموو ئەوانەی بە پەند دەدوێن، لەبارەی
تۆوە پەندێك دەهێننەوە و دەڵێن: ’دایك چۆن بێت
کچیش وایە.‘ ٤٥تۆ کچی دایکی خۆتیت کە ڕقی
لە مێرد و منداڵەکانییەتی، هەروەها تۆ خوشکی
خوشکەکانی خۆتیت کە ڕقیان لە مێرد و منداڵەکانی
خۆیان بوو. دایکت حیتی بوو و باوکت ئەموری.
٤٦خوشکە گەورەکەت سامیرە بوو، کە لەگەڵ
کچەکانی لای باکوورت نیشتەجێ بوو، خوشکە
بچووکەکەشت سەدۆم بوو، کە لەگەڵ کچەکانی
لای باشوورت نیشتەجێ بوو. ٤٧تۆ بە ڕێگای ئەواندا
ڕۆیشتیت و وەك نەریتە قێزەونەکانی ئەوانت کرد،
بەڵام وەك ئەوەی تەنها ئەوەندە کەم بێت، جا لە
هەموو کارەکانت زووتر لەوان گەندەڵتر بوویت.
٤٨یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە گیانی خۆم،
سەدۆمی خوشکت و کچەکانی هەرگیز وەك تۆ و
کچەکانی تۆیان نەکرد.

٤٩«”ئەمە تاوانی سەدۆمی خوشکت بوو: خۆی و
کچەکانی لووتبەرز، زۆرخۆر، بێ خەم و کەمتەرخەم
بوون، یارمەتی هەژار و نەداریان نەدەدا. ٥٠جا لە
خۆیان بایی بوون و کارە قێزەونەکانیان لەبەردەمم
ئەنجام دا، لەبەر ئەوە منیش هەروەك بینیت،
ئەوانم داماڵی. ٥١سامیرەش بە نیوەی گوناهەکانی
تۆ گوناهی نەکرد، بەڵکو لەوان زیاتر کاری قێزەونت
کرد و بە هەموو ئەو گڵاوییانەی کە کردت وات کرد
خوشکەکانت لە چاو تۆدا ڕاستودروست بن. ٥٢ئەی
ئەوەی خەریك بووی خوشکەکانت بێتاوان بکەیت،
تۆش بەرگەی ئابڕووچوون بگرە. بە گوناهەکانت کە
زیاتر لەوان پێیان گڵاو بوویت، خوشکەکانت لە تۆ
ڕاستودروستترن، هەروەها شەرمەزاربە و دەست بە
ئابڕووی خۆتەوە بگرە، چونکە وات کرد خوشکەکانت
لە چاو تۆدا ڕاستودروست بن.

٥٣«”لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپێچکراوان و بەختیاری
سەدۆم و سامیرە و کچەکانیان دەگەڕێنمەوە،
هەروەها ڕاپێچکراوان و بەختیاری تۆش لەنێو ئەواندا
دەگەڕێنمەوە، ٥٤بۆ ئەوەی بەرگەی ئابڕووچوونت
بگریت و شەرمەزار بیت لە هەموو ئەوەی کردت
کە دڵنەوایی ئەوانت کرد. ٥٥خوشکەکانت، سەدۆم
و کچەکانی و سامیرە و کچەکانی دەگەڕێنەوە
دۆخی جارانیان. تۆ و کچەکانیشت دەگەڕێنەوە
دۆخی جارانتان. ٥٦لە ڕۆژی فیزلێدانت بە دەمتدا
نەدەهات باسی سەدۆمی خوشکت بکەیت، ٥٧بەر
لە ئاشکرابوونی خراپەکاریت، وەك لە سەردەمی
ڕیسوایی کچانی ئەدۆم و هەموو ئەوانەی
دەوروبەری، کچانی فەلەستییەکان ئەوانەی لە
هەموو لایەکەوە سووکایەتیت پێ دەکەن. ٥٨خۆت
ئەنجامی بێ شەرمی و نەریتە قێزەونەکانت دەگریتە
ئەستۆ. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٥٩«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: بە
شایستەی ڕەفتارەکەت هەڵسوکەوتت لەگەڵدا
دەکەم، لەبەر ئەوەی بە شکاندنی پەیمانەکەم
سووکایەتیت بە سوێندی من کرد. ٦٠بەڵام من
پەیمانەکەی خۆمت بەبیر دەهێنمەوە کە لە
سەردەمی لاوێتیت لەگەڵ تۆدا گرێم دابوو، ئێستاش
پەیمانێکی هەتاهەتاییت[a] لەگەڵ دەبەستم. ٦١ئینجا
کردەوەکانی خۆت بیردەکەوێتەوە و شەرمەزار
دەبیت کاتێك خوشکە گەورەکانت و خوشکە
بچووکەکانت وەردەگریت، دەیانکەم بە کچی تۆ،
بەڵام نەك بەگوێرەی پەیمانەکەی من لەگەڵ تۆ.
٦٢بەم جۆرە من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆدا دەبەستم،
ئیتر تۆ دەزانیت کە من یەزدانم. ٦٣ئەو کاتەی
کەفارەت بۆ هەموو کردەوەکانت دەکەم، ئینجا
بیرت دەکەوێتەوە و شەرمەزار دەبیت، ئیتر لەبەر

[a] ٦٠ بڕوانە ٢٦:٣٧، یەرمیا ٣١:٣١-٣٤ و ئیشایا ٢١:٥٩ و ٨:٦١.

شەرمەزارییەکەت هەرگیز دەمت ناکەیتەوە. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.”»

## دوو هەڵۆ و دار مێویێك

١٧ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، مەتەڵێك و پەندێك بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل بهێنەوە و ٣بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: هەڵۆیەکی مەزنی باڵ بەهێزی شاپەڕ درێژی پەڕپەڕی ڕەنگاوڕەنگ هاتە لوبنان. لەسەر لووتکەی دار ئورزێك نیشتەوە، ٤بەرزترین چڵەکەشی قرتاند و هێنای بۆ خاکی بازرگانی و لە شاری بازرگانەکان چاندی.

٥«”هەروەها هەندێك تۆوی خاکەکەی ئێوەی برد و لە زەوییەکی بەپیتدا چاندی. بردی و لەدەم ئاوێکی زۆر وەك داری بی چاندی. ٦ڕوا و بوو بە دار مێوێکی پەل بڵاو و قەد کورت، لقەکانی بەرەو لای هەڵۆکە سووڕانەوە، ڕەگەکەشی لەژێر خۆیدا بوو، جا بوو بە دار مێو و لقی دا و چڵ و چرۆی کرد.

٧«”هەڵۆیەکی دیکە هەبوو، زل و باڵەکانی بەهێز و پەڕی زۆر بوو. ئیتر دار مێوەکە لەو شوێنەی کە تێیدا چێنرابوو ڕەگی درێژ کردەوە بۆ لای هەڵۆکە، لقیشی بەرەو لای ئەو هاویشت بۆ ئەوەی ئاوی لێ وەربگرێت. ٨ئەگەرچی لە کێڵگەیەکی باش و لە دەم ئاوی زۆردا چێنرابوو، هەتا لقەکانی نەشونما بکات و بەر بگرێت، ببێتە دار مێوێکی بڵاو.“

٩«بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئایا سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا لە ڕەگەوە هەڵناکێشرێت و بەرەکەی ناڕنرێت هەتا وشك بێت؟ هەموو گەڵای لقەکانی وشك دەبێت پێویست بە بازووێکی بەهێز و خەڵکێکی زۆر ناکات هەتا لە ڕەگەوە هەڵیبکێشن. ١٠ئەگەر بشچێنرێتەوە، ئایا گەشە دەکات؟ ئایا وەك ئەوەی بای ڕۆژهەڵات لێی دابێت بە تەواوی وشك نابێت؟ لەو شوێنەی لێی ڕواوە وشك نابێت؟“»

١١ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ١٢«بە بنەماڵەی یاخی بڵێ: ”ئایا لەم پەندە تێگەیشتن؟ بڵێ: پاشای بابل هاتە ئۆرشەلیم و پاشای یەهودا و میرەکانی برد و لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کردن بۆ بابل. ١٣ئینجا لە توخمی شاهانە کەسێکی هەڵبژارد و پەیمانێکی لەگەڵدا بەست و سوێندی دا. سەرەڕای ئەوەش، ڕابەرانی خاکەکەشی ڕاپێچ کرد ١٤بۆ ئەوەی پاشایەتییەکە سووك بێت و بەرز نەبێتەوە و پەیمانەکەی نەشکێت و جێگیر بێت. ١٥بەڵام پاشا لێی یاخی بوو بەوەی نێردراوانی خۆی بۆ میسر نارد بۆ ئەوەی ئەسپ و سوپایەکی گەورەی بداتێ. ئایا سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا ئەوەی ئەمە بکات دەرباز دەبێت؟ یان ئەوەی پەیمان بشکێنێت دەرباز دەبێت؟

١٦«”یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، لە شوێنی ئەو پاشایەی کە کردی بە پاشا، ئەوەی سووکایەتی بە سوێندەکەی کرد و پەیمانەکەی شکاند، لەلای ئەو لە ناوەڕاستی بابل دەمرێت. ١٧فیرعەونیش بە سوپای گەورە و خەڵکێکی بێشومارەوە ناتوانێ لە جەنگدا یارمەتی بدات، ئەو کاتەی سەنگەر لێ دەدرێت و قوللە بنیاد دەنرێت بۆ لەناوبردنی خەڵکێکی زۆر. ١٨ئەوەی سووکایەتی بە سوێند کرد و پەیمانی شکاند، دەستی دایە دەست و سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەمانەی کرد، دەرباز نابێت.

١٩«”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، سزای دەدەم لەبەر ئەوەی سووکایەتی بە سوێندەکەم کرد و پەیمانەکەی منی شکاند. ٢٠تۆڕی خۆمی بۆ دادەنێمەوە، بە داوی منەوە دەبێت و دەیهێنمە بابل و لەسەر ئەو ناپاکییەی لە منی کرد لەوێ حوکمی بەسەردا دەسەپێنم. ٢١هەموو لەشکرە ڕاکردووەکەی بە شمشێر دەکوژرێن و ئەوانەش کە دەمێننەوە بەرەو ڕووی هەموو بایەك پەرتەوازە دەبن، جا ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، ئەوەم فەرموو.

٢٢«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: منیش لە لووتکەی دار ئورزێك لقێك دەبەم و دەیڕوێنم، چڵێك لە چڵەکانی لێ دەکەمەوە و لەسەر کێوێکی

بەرزی سەرکەش دەیڕوێنم. ٢٣لە چیای بەرزی
ئیسرائیل دەیڕوێنم، جا لقی لێ دەڕوێت و بەر
دەگرێت و دەبێت بە دار ئورزێکی گەورە، هەموو
جۆرە باڵندەیەك لەناوی نیشتەجێ دەبێت، هەموو
باڵدارێك لەژێر سێبەری لقەکانی نیشتەجێ دەبێت.
٢٤ئەو کاتە هەموو درەختەکانی دەشتودەر دەزانن
کە من یەزدانم ئەوەی داری بەرز نزم دەکاتەوە و
داری نزم بەرز دەکاتەوە، ئەوەی سەوزەکەش وشك
دەکات و چرۆ بە دارە وشکەکە دەکات.

«”من یەزدانم، ئەوەم فەرموو، هەروەها بەجێی
دەهێنم.“»

## ئەو گیانەی گوناه بکات، ئەو دەمرێت

١٨ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢«بۆچی ئەم پەندە بەسەر خاکی ئیسرائیلدا
هەڵدەدەن و دەڵێن:

«”باوکان بەرسیلەیان خوارد،
ددانی منداڵەکان ئاڵ دەبنەوە“؟

٣«یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە گیانی خۆم،
ئیتر بۆتان نابێت ئەم پەندە لە ئیسرائیلدا بهێننەوە
و بڵێن، ٤چونکە هەموو گیانێك هی منە، گیانی
باوك وەك گیانی منداڵ، هەردووکیان هی منن. ئەو
کەسەی گوناه بکات، هەر ئەو کەسە دەمرێت.

٥«گریمان ئەگەر پیاوێکی ڕاستودروست هەبێت و
دادوەری و ڕاستودروستی بکات:
٦لە نزرگەی سەر چیاکان نەخوات و
چاوی بۆ بتەکانی بنەماڵەی ئیسرائیل
هەڵنەبڕێت؛
ژنی کەسێکی دیکە گڵاو نەکات و
لەگەڵ ئافرەت جووت نەبێت لە ڕۆژانی
خوێنلێچوونی؛
٧ستەم لە کەس نەکات،
بەڵکو بارمتەی قەرزدار بگەڕێنێتەوە؛
ماڵی کەس زەوت نەکات،
بەڵکو نانی خۆی بداتە برسی و
جل بکاتە بەر ڕووت؛
٨پارە بە سوو نەدات و
نرخی شتومەك گران نەکات؛
دەستی لە ستەمکاری بگێڕێتەوە و
لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا دڵسۆزانە دادوەری
بکات.
٩فەرزەکانم پەیڕەو بکات و
بە ڕەوایی حوکمەکانم بەجێبهێنێت.
ئەوا ئەو پیاوە ڕاستودروستە،
بێگومان دەژییێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

١٠«گریمان ئەگەر کوڕێکی هەبێت، توندوتیژی
یان خوێنڕێژی بکات، یان یەکێکی دیکە لەم کارانەی
١١کە باوکی نەیکردووە:

«لە نزرگەی سەر چیاکان بخوات،
ژنی کەسێکی دیکە گڵاو بکات،
١٢ستەم لە هەژار و نەدار بکات،
شتی خەڵکی زەوت بکات،
قەرز نەداتەوە،
چاوی بۆ بتەکان هەڵببڕێت،
کاری قێزەون ئەنجام بدات،
١٣پارە بە سوو بدات و نرخی شتومەك گران بکات.

ئایا دەژییێت؟ ناژییێت! لەبەر ئەوەی هەموو ئەم کارە
قێزەونانەی کردووە، بێگومان دەکوژرێت، خوێنی لە
ملی خۆی دەبێت.
١٤«بەڵام گریمان ئەگەر ئەو کوڕەش کوڕێکی بوو
و هەموو گوناهەکانی باوکی بینی کە کردی و وەك
ئەوی نەکرد:

١٥«لە نزرگەی سەر چیاکان نەخوات،
چاوی بۆ بتەکانی بنەماڵەی ئیسرائیل
هەڵنەبڕێت،
ژنی کەسێکی دیکە گڵاو نەکات،
١٦ستەم لە کەس نەکات،
داوای بارمتە نەکات و

هیچ شتێك زەوت نەكات،
بەڵكو نانی خۆی بداتە برسی و
جل بكاتە بەر ڕووت،
١٧ دەستی لە ستەمكاری بگێڕێتەوە،
سوو وەرنەگرێت و نرخی شتومەك گران
نەكات،
بەڵكو حوكمەكانم بەجێبهێنێت و فەرزەكانم
پەیڕەو بكات.

ئەو بە تاوانی باوكی نامرێت، بێگومان دەژیێت.
١٨ بەڵام باوكی لەبەر ئەوەی ستەمی كردووە و ماڵی
براكەی زەوت كردووە و ئەوەی باش نییە لەنێو
گەلەكەی كردوویەتی، ئەو بە تاوانی خۆی دەمرێت.
١٩ «ئێوە دەڵێن: ”بۆچی كوڕ تاوانی باوكی
هەڵناگرێت؟“ كە كوڕ ڕاستودروستی و دادپەروەری
ئەنجام داوە، هەموو فەرزەكانی منی بەجێهێناوە
و كاری پێ كردووە، لەبەر ئەوە بێگومان دەژیێت.
٢٠ ئەو كەسەی گوناه دەكات، هەر ئەو كەسە
دەمرێت. كوڕ تاوانی باوكی هەڵناگرێت و باوكیش
تاوانی كوڕەكەی هەڵناگرێت. كەسی ڕاستودروست
ڕاستییەكەی بۆ خۆیەتی و كەسی خراپەكاریش
خراپەكەی بۆ خۆیەتی.
٢١ «بەڵام ئەگەر خراپەكار لە هەموو گوناهەكانی
كە كردوویەتی گەڕایەوە، هەموو فەرزەكانی
منی بەجێهێنا و دادوەری و ڕاستودروستی
ئەنجام دا، بێگومان دەژیێت و نامرێت. ٢٢ هەموو
یاخیبوونەكانی كە كردوویەتی باس ناكرێن، بەو
كردارە ڕاستودروستانەی كە كردوویەتی دەژیێت.
٢٣ یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: ئایا من بە مردنی
خراپەكار دڵخۆش دەبم؟ ئایا شادمان نیم كە لە
ڕەفتارەكانی بگەڕێتەوە و بژیێت؟
٢٤ «لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر مرۆڤی ڕاستودروستیش
لە ڕاستودروستییەكەی گەڕایەوە و تاوان ئەنجام
بدات و وەك هەموو كردەوە قێزەونەكانی
خراپەكار بكات، ئایا دەژیێت؟ هەموو ئەو كردارە
ڕاستودروستانەی كە كردوویەتی باس ناكرێن.
بەو ناپاكییەی كە كردوویەتی و بەو گوناهەی كە
ئەنجامی داوە دەمرێت.
٢٥ «ئێوەش دەڵێن: ”ڕێگای پەروەردگار
دادپەروەرانە نییە.“ ئێستا ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل،
گوێ بگرن: ئایا ڕێگای من دادپەروەرانە نییە؟
یان ڕێگاكانی ئێوە دادپەروەرانە نین؟ ٢٦ ئەگەر
كەسی ڕاستودروست لە ڕاستودروستییەكەی خۆی
بگەڕێتەوە و تاوان ئەنجام بدات، ئەوا بەهۆیەوە
دەمرێت، بەهۆی ئەو تاوانەی كە ئەنجامی داوە
دەمرێت. ٢٧ بەڵام ئەگەر خراپەكار لە خراپەكەی كە
كردوویەتی بگەڕێتەوە، دادوەری و ڕاستودروستی
ئەنجام بدات، ئەوا ژیانی خۆی دەپارێزێت. ٢٨ لەبەر
ئەوەی هەموو یاخیبوونەكانی خۆی كە كردبووی
بینی و لێیان گەڕایەوە، ئەوا بێگومان دەژیێت و
نامرێت. ٢٩ بنەماڵەی ئیسرائیلیش دەڵێن: ”ڕێگای
پەروەردگار دادپەروەرانە نییە.“ ئەی بنەماڵەی
ئیسرائیل، ئایا ڕێگاكانی من دادپەروەرانە نین؟ یان
ڕێگاكانی ئێوە دادپەروەرانە نین؟
٣٠ «لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت:
ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، دادگاییتان دەكەم،
هەریەكەتان بەگوێرەی ڕەفتاری خۆی. تۆبە بكەن و
لە هەموو یاخیبوونەكانتان بگەڕێنەوە و تاوان نابێت
بە كۆسپ لە ڕێگاتان. ٣١ هەموو یاخیبوونەكانتان كە
پێی یاخیبوون فڕێبدەن، دڵێكی تازە و ڕۆحێكی تازە
بۆ خۆتان بەدەستبهێنن. ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل،
بۆچی بمرن؟ ٣٢ چونكە من بە مردنی هیچ كەسێك
دڵخۆش نابم، جا تۆبە بكەن و بژین! ئەوە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەستە.

## لاوانەوەیەك بۆ میرانی ئیسرائیل

١٩ «تۆش بۆ میرانی ئیسرائیل بلاوێنەوە و
٢ بڵێ:

«”دایكت چ شێرێك بوو
لەناو شێران!
لەنێو جوانە شێران پاڵی دایەوە و
بەچكەكانی خۆی بەخێو كرد.

٣ یەکێك لە بەچکەکانی خۆی پێگەیاند،
بوو بە شێرێکی بە توانا.
فێری ڕاوکردنی نێچیر بوو،
مرۆڤیشی خوارد.
٤ کە نەتەوەکان هەواڵیان بیست،
چاڵیان بۆ هەڵکەند و گرتیان،
بۆ خاکی میسر
بە تەوق هێنایان.

٥ «”کاتێك دایکەکە بینی کە ئاواتەکەی نەهاتە دی،
ئیتر ئومێد بڕ بوو،
هات و یەکێکی دیکەی لە بەچکەکانی گرت و
کردی بە شێرێکی بە توانا.
٦ لەنێو شێران کەوتە هاتوچۆ،
چونکە بووە شێرێکی بە توانا.
فێری ڕاوکردنی نێچیر بوو،
مرۆڤیشی خوارد.
٧ قەڵاکانی ئەوانی تێکشکاندن و
شارۆچکەکانی کاول کردن،
خاکەکە و هەرچی تێیدایە
لەبەر دەنگی نەڕەی تۆقین.
٨ نەتەوەکان لە هەرێمەکانی دەوروبەری
لە دژی کۆبوونەوە.
تۆڕیان هەڵدایە سەری،
ئەویش کەوتە چاڵەکەیانەوە.
٩ بە تەوقەوە خستیانە ناو قەفەزەوە،
هێنایانە لای پاشای بابل.
بردیانە ناو زیندان،
تاکو ئیتر لەسەر چیاکانی ئیسرائیل
نەڕەی نەبیسترێت.

١٠ «”دایکت وەك دار مێوێك بوو لە ڕەزەکەی تۆدا،
کە لەدەم ئاو چێنرا.
لەبەر زۆری ئاو،
چڕ و بەردار بوو.
١١ لقی بەهێزی هەبوو،
کە گونجاوە بۆ داردەستی فەرمانڕەوایان.
باڵای کرد و هەڵکشا
بەناو لقە پڕگەڵاکاندا،
لە بەرزی و زۆری چڵەکانی
دەرکەوت و بینرا.
١٢ بەڵام بە ڕق و قینەوە هەڵکێشرا و
فڕێدرایە سەر زەوی.
بای ڕۆژهەڵات لێیدا و وشکی کرد،
بەرەکەی هەڵوەراند،
لقە بەهێزەکانی وشك بوون و
ئاگر هەڵیانیلووشی.
١٣ ئێستا وا لە چۆڵەوانیدا چێنراوە،
لە خاکێکی وشك و تینوودا.
١٤ لە یەکێك لە لقە گەورەکانییەوە
ئاگری گرت و بەرەکەی هەڵلووشی.
ئێستا هیچ لقێکی بەهێزی نەماوە
کە بۆ داردەستی فەرمانڕەوایان گونجاو بێت.“

ئەمە لاوانەوەیە و لە کاتی شینگێڕان دەگوترێتەوە.»

## ئیسرائیل لە یەزدان یاخی بوو

٢٠ ئەوە بوو لە دەی مانگی پێنجی ساڵی
حەوتەم،[a] کەسانێك لە پیرانی ئیسرائیل
هاتن بۆ پرسیارکردن لە یەزدان، جا لەبەردەممدا
دانیشتن.
٢ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٣ «ئەی کوڕی مرۆڤ، لەگەڵ پیرانی ئیسرائیل بدوێت
و پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
ئایا ئێوە هاتوون هەتا پرسیار لە من بکەن؟ بە
گیانی خۆم! ناهێڵم ئێوە پرسیارم لێ بکەن، ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“
٤ «ئایا حوکمیان دەدەیت؟ ئەی کوڕی مرۆڤ، ئایا
تۆ حوکم دەدەیت؟ ڕووبەڕووی نەریتە قێزەونەکانی
باوباپیرانی خۆیان بکەرەوە، ٥ پێیان بڵێ: ”یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەو ڕۆژەی ئیسرائیلم

[a] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە چواردەی مانگی هەشت ساڵی ٥٩١ی پێش زایین.

هەڵبژارد سوێندم بۆ بنەماڵەی یاقوب خوارد، لە
خاکی میسردا خۆمم پێیان ناساند، سوێندم بۆ
خواردن و فەرمووم: ’من یەزدانی پەروەردگارتانم.‘
٦لەو ڕۆژەدا سوێندم بۆ خواردن کە لە خاکی
میسر دەریاندەهێنم و دەیانبەم بەرەو خاکێك کە
خۆم بەدوایدا گەڕابووم بۆیان، شیر و هەنگوینی
لێ دەڕژێت، باشترینی هەموو خاکەکانە. ٧پێم
فەرموون: ’هەریەکە لە ئێوە با ئەو وێنە قێزەوونانەی
کە سەرنجی ڕاکێشاون و خۆشتان دەوێن، لە خۆتان
دووربخەنەوە و بە بتەکانی میسر خۆتان گڵاو
مەکەن. من یەزدانی پەروەردگارتانم.‘
٨«”بەڵام لێم یاخی بوون و نەیانویست گوێم لێ
بگرن، کەسیان وێنە گڵاوەکانی بەرچاوی فڕێنەدا
کە سەرنجی ڕاکێشابوون، وازیان لە بتەکانی میسر
نەهێنا. لەبەر ئەوە بیرم لەوە دەکردەوە، تووڕەیی
خۆمیان بەسەردا ببارێنم و لە ناوەڕاستی خاکی
میسردا هەڵچوونی خۆمیان پێدا هەڵبڕێژم.“ ٩بەڵام
ئەوەی من کردم لە پێناوی ناوی خۆم بوو، هەتا ناوم
گڵاو نەبێت لەبەرچاوی ئەو نەتەوانەی لەنێویاندان،
ئەوانەی لەبەرچاویان خۆمم بۆ دەرخستن بەوەی
لە خاکی میسر دەرمهێنان. ١٠جا لە خاکی میسر
دەرمهێنان و ئەوانم هێنایە چۆڵەوانی. ١١فەرزەکانی
خۆمم پێدان و حوکمەکانی خۆمم پێ ناساندن،
ئەوانەی ئەگەر مرۆڤ بەجێیان بهێنێت، پێیان
دەژیێت. ١٢هەروەها ڕۆژی شەممەم بۆ دیاری
کردن، هەتا ببێتە نیشانەیەك لەنێوان من و ئەوان،
بۆ ئەوەی بزانن کە من یەزدانم، ئەوەی پیرۆزیان
دەکات.

١٣«”لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەی ئیسرائیل لە
چۆڵەوانی لێم یاخی بوون. ڕێگای فەرزەکانی منیان
پەیڕەو نەکرد و حوکمەکانی منیان ڕەتکردەوە، ئەو
حوکمانەی ئەگەر مرۆڤ جێبەجێیان بکات بەهۆی
ئەوانەوە دەژیێت، هەروەها بە هیچ جۆرێك پیرۆزی
شەممەکانی منیان ڕانەگرت. لەبەر ئەوە فەرمووم لە
چۆڵەوانیدا من تووڕەیی خۆم بەسەریاندا دەبارێنم
بۆ کۆتایی پێهێنانیان. ١٤بەڵام ئەوەی کردم لە پێناوی
ناوی خۆم بوو، هەتا گڵاو نەبێت لەبەرچاو ئەو
نەتەوانەی لەبەرچاویان دەرمهێنان. ١٥هەروەها لە
چۆڵەوانیدا سوێندم بۆ خواردن کە نەیانهێنم بۆ ئەو
خاکەی کە پێم دابوون، ئەوەی شیر و هەنگوینی
لێ دەڕژێت و باشترینی هەموو خاکەکانە، ١٦لەبەر
ئەوەی حوکمەکانی منیان ڕەتکردەوە و ڕێگای
فەرزەکانی منیان پەیڕەو نەکرد، بەڵکو شەممەکانی
منیان گڵاوکرد، چونکە دڵیان دوای بتەکانیان
کەوت. ١٧لەگەڵ ئەوەشدا چاوەکانم بەزەیی پێیاندا
هاتەوە لە لەناوبردنیان، جا کۆتاییم پێ نەهێنان.
١٨لە چۆڵەوانی بە ڕۆڵەکانی ئەوانم فەرموو: ’بە
ڕێگای فەرزی باوکانتاندا مەڕۆن و حوکمەکانیان
مەپارێزن و بە بتەکانیان خۆتان گڵاو مەکەن. ١٩من
یەزدانی پەروەردگاری خۆتانم، ڕێگای فەرزەکانم
پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بپارێزن و کاریان پێ
بکەن. ٢٠شەممەکانیشم پیرۆز ڕابگرن، جا دەبێت بە
نیشانەیەك لەنێوان من و ئێوەدا، تاوەکو ئێوە بزانن
کە من یەزدانی پەروەردگاری خۆتانم.‘
٢١«”ڕۆڵەکانیشیان لێم یاخی بوون، ڕێگای
فەرزەکانی منیان پەیڕەو نەکرد و حوکمەکانی منیان
نەپاراست هەتا کاری پێ بکەن، ئەوانەی ئەگەر
مرۆڤ بیانکات بەهۆی ئەوانەوە دەژیێت، هەروەها
شەممەکانی منیان گڵاوکرد. جا فەرمووم، تووڕەیی
خۆم دەرببڕم، هەتا لە چۆڵەوانی هەڵچوونی خۆمیان
پێدا هەڵبڕێژم. ٢٢بەڵام دەستم هەڵگرت و ئەوەی
کردم لە پێناوی ناوی خۆم بوو، هەتا لەبەرچاو ئەو
نەتەوانە گڵاو نەبێت کە لەبەرچاویان دەرمهێنان.
٢٣هەروەها لە چۆڵەوانی سوێندم بۆ خواردن کە
بەناو نەتەوەکاندا پەرتیان بکەم و بەسەر خاکەکاندا
بڵاویان بکەمەوە، ٢٤چونکە گوێڕایەڵی حوکمەکانی
من نەبوون، بەڵکو فەرزەکانی منیان ڕەتکردەوە
و شەممەکانی منیان گڵاوکرد و چاویان بەدوای
بتەکانی باوکیانەوە بوو. ٢٥هەروەها من ئەو
فەرزانەم پێدان کە باش نین و ئەو حوکمانەی کە
پێی ناژین[a]، ٢٦ڕێم دا کە خۆیان گڵاو بکەن، بەوەی

[a] ٢٥ بڕوانە ڕۆما ١:٢٤-٣٢

کە هەموو نۆبەرەیەکی خۆیان کرد بە دیاری و بە ئاگر سووتاندیانن، بۆ ئەوەی بیانتۆقێنم تاوەکو بزانن کە من یەزدانم.“

[٢٧]«ئەی کوڕی مرۆڤ، لەبەر ئەوە لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل قسە بکە و پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرمووێت: لەمەشدا باوکانتان کفریان لە دژی من کرد کە ناپاکییان کرد: [٢٨]کاتێك ئەوانم هێنایە ئەو خاکەی سوێندم بۆ خواردبوون کە بیدەمە ئەوان، جا هەر گردێکی بەرز و هەر دارێکی پڕ گەڵایان بینی، لەوێ قوربانییەکانیان سەربڕی، لەوێ پێشکەشکراوەکانیان پێشکەش کرد کە مایەی تووڕەبوونی منە. لەوێ بخووره بۆنخۆشەکانیان پێشکەش کرد، لەوێ شەرابی پێشکەشکراویان پێشکەش کرد. [٢٩]پێم فەرموون: ئەم نزرگەی سەر بەرزاییە چییە کە بۆی دێن؟“» جا لەو ڕۆژەوە ناوی لێنرا، باما[a].

## دادگاییکردن و گەڕاندنەوە

[٣٠]«لەبەر ئەوە بە بنەماڵەی ئیسرائیل بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرمووێت: ئایا ئێوەش بە ڕێگای باوکانتاندا دەڕۆن، بە وێنە قێزەونەکانیان خۆتان گڵاو دەکەن و لەشفرۆشی دەکەن؟ [٣١]بە پێشکەشکردنی دیارییەکانتان و سووتاندنی منداڵەکانتان و بە هەموو بتەکانتان هەتا ئەمڕۆش گڵاو دەبن. ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئایا ڕێ بدەم ئیتر ئێوە پرسیارم لێ بکەن؟ بە گیانی خۆم ناهێڵم ئێوە پرسیارم لێ بکەن، ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

[٣٢]«”ئەوەی بە خەیاڵتاندا دێت هەرگیز نایەتە دی، کە دەڵێن: ’وەك نەتەوەکان دەبین، وەك هۆزەکانی زەوی، دار و بەرد دەپەرستین.‘ [٣٣]یەزدانی باڵادەست دەفەرمووێت: بە گیانی خۆم، من بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز و بە تووڕەیی دەربڕینم فەرمانڕەوایەتیتان دەکەم. [٣٤]لەنێو گەلان دەرتاندەهێنم و کۆتان دەکەمەوە لەو خاکانەوە کە تێیدا پەرتەوازە بوون بە دەستێکی پۆڵایین و بازوویەکی بەهێز و تووڕەییەکی دەربڕدراوەوە. [٣٥]دەتانهێنمە چۆڵەوانی خاکی گەلانی دیکە و لەوێ ڕووبەڕوو دادگاییتان دەکەمەوە. [٣٦]وەك چۆن باوباپیرانتانم لە چۆڵەوانی خاکی میسر دادگایی کرد، ئاواش ئێوە دادگایی دەکەم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. [٣٧]واتان لێ دەکەم بەژێر داردەستدا تێبپەڕن و دەتانهێنمە ناو بەندی پەیمانەوە. [٣٨]ئەوانەی لەنێوتان هەڵگەڕاونەتەوە و لە من یاخین ڕیشەکێشیان دەکەم. هەرچەندە لە خاکی ئاوارەییان دەریاندەهێنم، بەڵام ناچنە ناو خاکی ئیسرائیلەوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.

[٣٩]«”ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، یەزدانی باڵادەست سەبارەت بە ئێوە ئەمە دەفەرمووێت: بڕۆن و هەریەکەتان بتەکانی خۆی بپەرستێت! بەڵام دوای ئەوە بە قسەم دەکەن. ئیتر ناوی پیرۆزیشم بە دیاری و بتەکانتان گڵاو ناکەن، [٤٠]چونکە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل لە کێوی پیرۆزیم، لە کێوی بەرزی ئیسرائیل، لەوێ لە خاکەکە دەمپەرستن، منیش لەوێ لێتان ڕازی دەبم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. لەوێ داوای پێشکەشکراو و پەسەندترین دیاریتان لێ دەکەم، لەگەڵ هەموو قوربانییە پیرۆزەکانتان. [٤١]ئێوە وەك بخووری بۆنخۆش لەلای من پەسەند دەبن، کاتێك لەنێو گەلان دەرتاندەهێنم و لەو خاکانەی کە تێیدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە کۆتان دەکەمەوە و لەبەرچاوی نەتەوەکان بە ئێوە پیرۆزی خۆم دەردەخەم. [٤٢]ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، کاتێك دەتانهێنم بۆ خاکی ئیسرائیل، بۆ ئەو خاکەی کە سوێندم خواردبوو بیدەمە باوباپیرانتان. [٤٣]لەوێ ڕەفتاری خۆتان و هەموو کردەوەکانتان کە پێی گڵاو ببوون دێتەوە یادتان، لەبەر هەموو ئەو خراپانەی کە ئەنجامتان داوە قێز لە خۆتان دەکەنەوە. [٤٤]ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، کاتێك لەبەر ناوی خۆم هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا دەکەم، نەك وەکو کارە خراپەکانتان و نەریتە گەندەڵەکانتان، ئیتر ئێوە

[a] ٢٩ واتە نزرگەی سەر بەرزایی.

دەزانن کە من یەزدانم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.”»

## پێشبینی لەسەر باشوور

٤٥ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ٤٦«ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووی خۆت لە
باشوور بکە و بەرەو باشوور جاڕبدە، پێشبینی
لەسەر ئەو دارستانە بکە کە لە باشوورە. ٤٧بە
دارستانی باشوور بڵێ، ”گوێ لە فەرمایشتی یەزدان
بگرە، یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من
خەریکم ئاگرت تێ بەردەدەم، جا هەموو دارێکی
تەڕ و هەموو دارێکی وشك لەناو تۆدا دەخوات.
کڵپەی گڕەکەی ناکوژێتەوە و لە باشوورەوە هەتا
باکوور هەموو ڕوخسارێك دەسووتێت. ٤٨جا هەموو
مرۆڤ دەبینن کە من یەزدانم ئاگرم تێی بەرداوە و
ناکوژێتەوە.“»
٤٩منیش گوتم: «ئای، ئەی یەزدانی باڵادەست،
ئەوان بە من دەڵێن: ”ئایا ئەو تەنها بە نموونە
نادوێت؟“»

## بابلی شمشێری خودا

٢١ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت
لە ئۆرشەلیم بکە و لە دژی پیرۆزگاکەی جاڕبدە.
پێشبینی لەسەر خاکی ئیسرائیل بکە و ٣بە خاکی
ئیسرائیل بڵێ: ”یەزدان ئەمە دەفەرموێت: من لە
دژی تۆم، شمشێرەکەم لە کالانەکەیەوە هەڵدەکێشم
و کەسی ڕاستودروست و خراپەکار لە تۆ دەبڕمەوە.
٤لەبەر ئەوەی کەسی ڕاستودروست و خراپەکار لە تۆ
دەبڕمەوە، شمشێرەکەم لە کالانەکەی دێتە دەرەوە
بۆ سەر هەموو مرۆڤێك، لە باشوورەوە هەتا باکوور.
٥ئەو کاتە هەموو مرۆڤێك دەزانێت کە من یەزدانم،
شمشێرەکەی خۆمم لە کێلانەکەیەوە هەڵکێشاوە و
تازە ناگەڕێتەوە.“
٦«لەبەر ئەوە ئەی کوڕی مرۆڤ، تۆ بناڵێنە! بە
دڵشکاوی و خەمبارییەوە لەبەرچاویان بناڵێنە.
٧ئەگەر لە تۆیان پرسی: ”بۆچی دەناڵێنیت؟“ تۆش
بڵێ: ”لەبەر هەواڵەکە، چونکە هات. هەموو دڵێك
دەتوێتەوە، هەموو دەستێك شل دەبێت، هەموو
ڕۆحێك کۆڵ دەدات، هەموو ئەژنۆیەك دەلەرزێت.“
ئەوەتا دێت و دەبێت، ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.»
٨فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٩«ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بکە و بڵێ،
”پەروەردگار ئەمە دەفەرموێت: بڵێ:

«”شمشێرێك، شمشێرێك تیژکراوەتەوە،
هەروەها مشتوماڵ کراوە،
١٠بۆ سەربڕین تیژکراوەتەوە،
مشتوماڵ کراوە بۆ ئەوەی وەك بریسکە
بدرەوشێتەوە!

«”ئایا دڵمان بە داردەستی کوڕەکەم[a] خۆش بێت؟
شمشێر سووکایەتی بە هەموو داردەستێك دەکات.

١١«”شمشێر مشتوماڵ کراوە و دانراوە
بۆ ئەوەی بە دەست بگیردرێت.
ئەم شمشێرە تیژکراوەتەوە و مشتوماڵ کراوە
تاکو بدرێتە دەست پیاوکوژ.
١٢ئەی کوڕی مرۆڤ، هاوار و واوەیلا بکە،
چونکە بەسەر گەلەکەم و
بەسەر هەموو میرانی ئیسرائیلەوەیە.
فڕێدەدرێنە بەر شمشێرەکە،
لەگەڵ گەلەکەم.
لەبەر ئەوە سنگی خۆت بکوتە.

١٣«”بێگومان کاتی تاقیکردنەوە دێت. لەبەر
ئەوە چییە ئەگەر داردەستەی یەهودا، کە شمشێر
سووکایەتی پێی دەکات، نەمێنێت؟ ئەوە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەستە.“

١٤«لەبەر ئەوە ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بکە،
دەست بەناو دەستی خۆتدا بدە.

---

[a] ١٠ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ داردەستەکەی یەهودا، بڕوانە پەیدابوون ٤٩:١٠.

با بە چواردەوریاندا
شمشێر دووبارە و سێبارە ڕابوەشێنرێت،
شمشێری سەربڕینە،
شمشێری کوشتاری گەورەیە.
١٥ بۆ توانەوەی دڵ و
بۆ زۆرکردنی کوژراوان،
لەبەر ئەوە لەسەر هەموو دەروازەکانیان
شمشێری سەربڕینم داناوە.
ئای! لەو شمشێرە دروستکراوە بۆ ئەوەی وەک
هەورە بروسکە ببریسکێتەوە،
ئەو بۆ سەربڕین مشتوماڵ کراوە.
١٦ ئەی شمشێر، لای ڕاست ببڕە،
ئینجا لای چەپ،
بۆ هەر لایەک ڕووی تێدەکەیت!
١٧ منیش دەست بەناو دەستی خۆمدا دەدەم،
تووڕەیی خۆم هێدی دەکەمەوە.
من یەزدانم، ئەوەم فەرموو.»

١٨ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
١٩ «ئەی کوڕی مرۆڤ، دوو ڕێگا بۆ خۆت دیاری بکە
بۆ هاتنی شمشێری پاشای بابل، هەردووکیان لە یەک
خاکەوە دەستپێبکەن، تابلۆیەکی ڕێنمایی دابنێ، لە
سەرەتای سەر ڕێگاکە بەرەو شار دایبنێ. ٢٠ ڕێگایەک
دیاری بکە با شمشێرەکە بێتە سەر ڕەبەی پایتەختی
عەمۆنییەکان و بۆ سەر یەهودا لە ئۆرشەلیمی
قەڵابەند، ٢١ چونکە پاشای بابل لەسەر دووڕیانەکە
دەوەستێت، لەسەر گۆشەی هەردوو ڕێگاکە، فاڵ
دەگرێتەوە هەتا بزانێت بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات،
بە هەڵدانی تیر، تیروپشک دەکات؛ بە پرسین و
ڕاوێژکردن لەگەڵ بتەکانی؛ بە پشکنینی جگەری
ئاژەڵێکی سەربڕاو. ٢٢ تیروپشک بە دەستی ڕاستی بۆ
ئۆرشەلیم هەڵدەدات بۆ مەنجەنیق دانان، فەرمانی
کوشتن و نەعرەتە کێشانی جەنگ، بۆ مەنجەنیق
دانان بۆ شکاندنی دەروازەکان، بۆ لێدانی سەنگەر
و قوڵلە بنیادنان. ٢٣ لەبەرچاوی ئەوانەی سوێندیان بۆ
خواردووە کە دڵسۆزبن بۆی وەک فاڵگرتنەوەیەکی
درۆ دەبێت، بەڵام ئەو تاوانەکەیان دەهێنێتەوە
یادیان تاکو بە دیلیان بگرێت.
٢٤ «لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: ”ئێوە تاوانەکەی خۆتان هێنایەوە
یاد، چونکە یاخیبوونەکانتان ڕوون و ئاشکرایە و
گوناهەکانتان لە هەموو کردەوەکانتاندا دەرکەوتووە،
لەبەر ئەوە بە دیل دەگیرێن.
٢٥ «”تۆش ئەی بەدکاری گڵاو، میری ئیسرائیل،
ڕۆژت هاتووە، کاتی هاتووە سزادانت گەیشتووەتە
بەرزترین پلە. ٢٦ یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: مێزەرەکە دابگرە، تاجەکە هەڵبگرە،
بارودۆخەکە بەم شێوەیە نامێنێتەوە، بەڵکو بێ
پلەوپایە بەرز دەکرێتەوە و پایەدار نزم دەکرێتەوە.
٢٧ کاولگە! کاولگە! ئەم شانشینە کاولگە! هەروەها
نۆژەن ناکرێتەوە، هەتا ئەو پاشایە دێت کە مافی
خۆیەتی، منیش دەیدەمە ئەو.“
٢٨ «ئەی کوڕی مرۆڤ، تۆش پێشبینی بکە و
بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست لەبارەی عەمۆنییەکان و
سووکایەتیکردنەکەیان ئەمە دەفەرموێت:

«”شمشێر[a]، شمشێر
بۆ سەربڕین هەڵکێشراوە،
مشتوماڵ کراوە بۆ لەناوبردن،
بریسکە دەداتەوە وەک بروسکە.
٢٩ بە پێچەوانەی ئەو بینینە پووچانە و
فاڵگرتنەوە درۆیانەی کە سەبارەت بە تۆ کراون،
شمشێرەکە لەسەر ملی
کوژراوە خراپەکارەکان دادەنرێت،
ئەوانەی ڕۆژیان هات،
کاتیان هاتووە سزادانیان گەیشتووەتە بەرزترین پلە.
٣٠ «”شمشێرەکە بگەڕێنەوە کێلانەکەی خۆی.
لە نیشتیمانی دایکت
حوکمت بەسەردا دەدەم،
لەو شوێنەی بەدیهێنرایت.

[a] ٢٨ مەبەست لە شمشێری نەبوخودنەسری پاشای بابلە.

٣١تووڕەیی خۆم بەسەر تۆدا دەبارێنم و
بە ئاگری هەڵچوونم فووت لێ دەکەم،
دەتدەمە دەست کەسانێکی گڕگرتووی
شارەزا لە فەوتاندن.
٣٢دەبیت بە سووتەمەنی ئاگر،
خوێنت لەناوەڕاستی خاکەکەدا دەڕژێت.
ئیتر یادت ناکرێتەوە،
چونکە من یەزدانم، ئەوەم فەرموو.“»

## گوناهەکانی ئۆرشەلیم

٢٢ ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم:
٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئایا حوکم دەدەیت، حوکم
بەسەر شارە خوێنڕێژەکە دەدەیت؟ بەڵکو شارەکە
ڕووبەڕووی نەریتە قێزەونەکانی خۆی بکەرەوە.
٣بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی
ئەو شارەی کە لەناوەڕاستیدا خوێن دەڕێژێت،
نەهامەتی بەسەر خۆیدا دەهێنێت، بە دروستکردنی
بت خۆی گڵاو دەکات، ٤بەو خوێنەی ڕشتت تاوانبار
بوویت، خۆتت گڵاوکرد بەو بتانەی دروستت
کردوون. بەو جۆرە ڕۆژگاری خۆتت کورت کردەوە
و کۆتاییت بەسەر خۆتدا هێنا، لەبەر ئەوە لەلای
نەتەوەکان تۆم کرد بە شورەیی، جێگای تانە و
تەشەری هەموو خاکەکان. ٥ئەی شاری بەد ناو، ئەی
پڕ لە ئاژاوە، ئەوەی لێت نزیکە و ئەوەی لێت دوورە
گاڵتەت پێ دەکات.
٦«”سەیر بکە چۆن هەریەکە لەو میرانەی
ئیسرائیل کە لەناو تۆدان دەسەڵاتی خۆی بۆ
خوێنڕشتن بەکاردەهێنێت. ٧لەناو تۆدا سووکایەتییان
بە دایك و باوکیان کردووە. لەناو تۆدا بە ستەم
هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئاوارەدا کردووە. لەناو
تۆدا هەتیو و بێوەژنیان چەوساندووەتەوە. ٨تۆ
سووکایەتیت بە شتە پیرۆزکراوەکانی من کردووە
و شەممەکانی منت گڵاو کردووە. ٩لەناو تۆدان
پیاوانی دووزمان و بوختانکەر بۆ خوێنڕشتن، لەناو
تۆدان ئەوانەی لە نزرگەی سەر چیاکان دەخۆن و
بەدڕەوشتی ئەنجام دەدەن. ١٠لەناو تۆدان ئەوانەی
کە ناموسی باوکیان دەبەن، لەناو تۆدان ئەوانەی کە
دەست درێژ دەکەنە سەر ژن لە کاتی گڵاوییەکەی[a]
بەهۆی خوێنلێچوونی مانگانەی. ١١پیاو لەگەڵ ژنی
نزیکەکەی کاری قێزەونی ئەنجام دەدات، پیاوی
دیکەش بووکی خۆی بە بەدڕەوشتی گڵاو دەکات.
لەناو تۆدا مرۆڤ دەست درێژ دەکاتە سەر خوشکی
خۆی، کچی باوکی. ١٢لەناو تۆدان ئەوانەی کە بەرتیل
وەردەگرن بۆ خوێنڕشتن، هەروەها تۆ سوو و قازانج
لە گرانکردنی نرخی شتومەك وەردەگریت. بە ستەم
نزیکەکانی خۆتت ڕووتاندووەتەوە، سەرەڕای هەموو
ئەمانەش منت لەبیر کردووە. ئەوە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەستە.
١٣«”لەبەر ئەو خوێنەی لەناو تۆدا ڕژا، سەیر بکە
مشتم دەوەشێنم لەو قازانجە ناڕەوایەی کردووتە.
١٤ئایا دڵت بەرگە دەگرێت یان دەستت بەهێز
دەبێت لەو ڕۆژانەی هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەم؟
من یەزدانم، ئەوەم فەرموو، هەروەها بەجێی
دەهێنم. ١٥بەنێو نەتەوەکان پەرتەوازەت دەکەم،
بەسەر خاکەکاندا بڵاوت دەکەمەوە، گڵاوییەکانت
لێ دادەماڵم. ١٦ئەو کاتەی لەبەرچاوی نەتەوەکان
خۆتت گڵاو کردووە، ئیتر تۆ دەزانیت کە من
یەزدانم.“»
١٧ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ١٨«ئەی کوڕی مرۆڤ، بنەماڵەی ئیسرائیل
بۆم بوون بە خڵت، هەموویان مس و تەنەکە و ئاسن
و قورقوشمن لەناوەڕاستی کوورە بەجێماون، بوون
بە خڵتی زیو. ١٩لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی ئێوە هەموو بوون بە
خڵت، من لەناو ئۆرشەلیم کۆتان دەکەمەوە. ٢٠وەك
چۆن زیو و مس و ئاسن و قورقوشم و تەنەکە
لەناو کوورەدا کۆ دەکرێنەوە، فوو بە ئاگرەکەی
ژێریدا دەکرێت هەتا بێتە جۆش و بیتوێنێتەوە،
منیش بە هەمان شێوە بە تووڕەیی و هەڵچوونی
خۆم لەناو شارەکە کۆتان دەکەمەوە و داتاندەنێم و

[a] ١٠ ژنی گڵاو: بڕوانە لێڤییەکان ١٥:١٩-٢٤.

دەتانتوێنمەوە. [٢١]جا کۆتان دەکەمەوە و لەناو ئاگری تووڕەییم فووتان لێ دەکەم و لەناویدا دەتوێنەوە. [٢٢]وەك زیو چۆن لەناو کوورەدا دەتوێنرێتەوە، ئێوەش بە هەمان شێوە لەناویدا دەتوێنەوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، تووڕەیی خۆمم بەسەرتاندا ڕژاندووە.“»

[٢٣]دیسان فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [٢٤]«ئەی کوڕی مرۆڤ، پێی بڵێ: ”تۆ ئەو خاکەی کە پاك نەبوویتەوە، لە ڕۆژی تووڕەییدا بارانی لێ نەباریوە.“ [٢٥]پیلانگێڕی میرەکانی لەناوەڕاستیدایە وەك شێر دەنەڕێنێت و نێچیرەکەی لەتوپەت دەکات. مرۆڤ دەخۆن، گەنجینە دەبرن و شتی گرانبەها دەبەن، لەناوەڕاستیدا بێوەژن زۆر دەکەن. [٢٦]کاهینەکانی سەرپێچی فێرکردنەکانی من دەکەن و شتە پیرۆزکراوەکانی من گڵاو دەکەن، جیاوازی لەنێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو ناکەن، جیاوازی لەنێوان گڵاو و پاك ناکەن و چاو لە شەممەکانم دەپۆشن، جا لەنێویاندا گڵاو بووم. [٢٧]کاربەدەستەکانی ناوی وەك گورگن، نێچیر لەتوپەت دەکەن و خوێن دەڕێژن و خەڵك دەکوژن بۆ ئەوەی بە ناڕەوایی قازانج بەدەستبهێنن. [٢٨]پێغەمبەرەکانیان کارە خراپەکانیان بۆ دادەپۆشن و بە بینینی پووچ و فاڵگرتنەوەی درۆ بە گەچ بۆیان سواخ دەدەن و دەڵێن: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت،“ لەگەڵ ئەوەی یەزدان هیچ قسەی نەکردووە. [٢٩]گەلی خاکەکە ستەمکاری و تاڵانی دەکەن، هەژار و نەدار و نامۆش دەچەوسێننەوە و لە دادپەروەری بێبەشیان دەکەن، هەژار و نەداریان چەوساندەوە و بە ناڕەوا ستەمیان لە ئاوارە کرد.

[٣٠]«لەنێویاندا بەدوای پیاوێکدا گەڕام شووراکە بنیاد بنێتەوە و لە پێناوی خاکەکە لە کەلێنی شووراکەوە لەبەردەمم ڕابوەستێت، بۆ ئەوەی وێرانی نەکەم، بەڵام دەستم نەکەوت. [٣١]لەبەر ئەوە هەڵچوونی خۆمیان بەسەردا هەڵدەڕێژم، بە ئاگری تووڕەییم لەناویان دەبەم، کردەوەکانی خۆیان بەسەر خۆیاندا دەهێنمەوە. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## دوو خوشکی داوێنپیس

٢٣ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، دوو ئافرەت هەبوون، کچی یەك دایك بوون، [٣]بە هەرزەکاری لە میسر لەشفرۆشیان کرد، لەوێ ختووکەی مەمکیان درا و گۆی مەمکی پاکیزەییان دەستبازی پێ کرا. [٤]گەورەکەیان ناوی ئۆهۆلا بوو و خوشکەکەشی ئۆهۆلیڤا. ئەوان هی من بوون و کوڕ و کچیان بوو، ناوەکانیشیان، ئۆهۆلا سامیرەیە و ئۆهۆلیڤا ئۆرشەلیمە.

[٥]«ئۆهۆلا لەگەڵ ئەوەی هی من بوو لەشفرۆشی کرد و هەوەسبازی لەگەڵ دۆستانی کرد، لەگەڵ پاڵەوانەکانی ئاشور، [٦]ئەوانەی جلی مۆریان پۆشیوە، فەرمانڕەوا و پارێزگارەکان، هەموویان گەنجی هەوەسدار و ئەسپ سوارن. [٧]لەشی خۆی بە هەموو هەڵبژاردەکانی نەوەی ئاشور فرۆشت، بە هەموو ئەوانەی هەوەسبازی لەگەڵ کردن گڵاو بوو، بە هەموو بتەکانیان. [٨]وازی لە لەشفرۆشییەکەی میسریش نەهێنا، چونکە بە هەرزەکاری لەگەڵی جووت بوون و دەستبازییان بە گۆی مەمکی پاکیزەیی کرد و هەوەسی خۆیان بەسەریدا ڕشت.

[٩]«لەبەر ئەوە دامە دەست دۆستەکانی، دەست نەوەی ئاشور کە بە عەشقی بۆیان سووتا بوو. [١٠]ئەوان ڕووتییەکەیان دەرخست، کوڕ و کچەکانیان برد و ئەویشیان بە شمشێر کوشت. جا بۆ ژنان بوو بە پەند، حوکمی بەسەردا درا و جێبەجێ کرا.

[١١]«ئۆهۆلیڤای خوشکی ئەمەی بینی، لەگەڵ ئەوەشدا گەندەڵی و هەوەسبازییەکەی و لەشفرۆشییەکەی زیاتر بوو لە لەشفرۆشی خوشکەکەی. [١٢]هەوەسی چووە سەر نەوەی ئاشور، فەرمانڕەوا و پارێزگارەکان، پاڵەوانەکان، کە نایابترین جلیان لەبەردایە، ئەسپ سوارن و هەموو گەنجی

هەوەسدارن. ١٣بینیم ئەویش گڵاو بوو، هەردووکیان
یەك ڕێگایان گرتبووە بەر.

١٤«بەڵام ئۆهۆلیڤا لەشفرۆشییەکەی زیاتر کرد،
کاتێك لەسەر دیوارێك وێنەی پیاوە بابلییەکانی
بینی کە بە سووری ئاڵ وێنەیان کێشرابوو، ١٥پشتێن
بە ناوقەدیانەوە و مێزەرەکانیان بەسەر سەریانەوە
شۆڕ بووەتەوە. هەموویان بە ڕوخسار لە فەرماندە
دەچن، لە شێوەی بابلییەکان کە کلدان خاکی
لەدایکبوونیانە. ١٦هەر کە چاوی پێیان کەوت،
هەوەسی چووە سەریان، نێردراوی بۆ لایان نارد بۆ
خاکی کلدانییەکان. ١٧نەوەکانی بابلیش بۆ ناو نوێنی
خۆشەویستی بۆی هاتن و بە هەوەسبازی خۆیان
گڵاویان کرد. پاش ئەوەی پێیان گڵاو بوو پشتی
لێکردن. ١٨لەشفرۆشی و ڕووتی خۆی بەدەرخست،
جا پشتم لێکرد، وەك چۆن پشتم لە خوشکەکەشی
کردبوو. ١٩کاتێك ڕۆژانی هەرزەکاری بەبیر هاتەوە
کە تێیدا لە خاکی میسر لەشی خۆی فرۆشت
لەشفرۆشی خۆی زیاتر کرد. ٢٠هەوەسی چووە سەر
هەوەسبازەکانیان، ئەوانەی ئەندامی نێرینەیان
وەك هی نێرەکەرە و پەڕینیان وەك پەڕینی ئەسپە.
٢١بیری بەدڕەوشتی سەردەمی هەرزەکاریت کرد کە
میسرییەکان دەستبازییان بە گۆی مەمکت دەکرد
لەبەر مەمکی هەرزەکاریت.

٢٢«ئەی ئۆهۆلیڤا، لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست
ئەمە دەفەرموێت: من دۆستەکانی خۆت لێ
هاندەدەم، ئەوانەی پشتت لێکردن، لە هەموو
لایەکەوە دەیانهێنمە سەرت، ٢٣نەوەکانی بابل و
هەموو کلدانییەکان، پەقۆد و شوەع و قوەع، هەموو
نەوەی ئاشوریش لەگەڵیان، گەنجە هەوەسدارەکان،
هەموویان فەرمانڕەوا و پارێزگارن، فەرماندە و
پاڵەوانن، هەموو ئەسپ سوارن. ٢٤جا بە کۆمەڵی
نەتەوەکانەوە دێنە سەرت، بە چەك و گالیسکە
و عەرەبانەوە، بە قەڵغانی گەورە و بچووك و بە
کڵاوی ئاسنینەوە دەورەت دەگرن. منیش سزاکەت
دەدەمە دەست ئەوان و بە حوکمەکانی خۆیان
سزات دەدەن. ٢٥ئیرەییەکەم لە دژی تۆ دەبێت، بە
تووڕەییەوە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەن، لووت و
گوێت دەبڕن و پاشماوەکەت بە شمشێر دەکوژرێت.
کوڕ و کچەکانت دەبەن و پاشماوەکەت بە ئاگر
هەڵدەلووشرێت. ٢٦هەروەها جلت لەبەر دادەماڵن
و کەرەستەی ڕازاندنەوەکەت دەبەن. ٢٧کۆتایی بە
بەدڕەوشتی و لەشفرۆشییەکەت دەهێنم کە لە
خاکی میسرەوە دەستت پێکرد. ئینجا چاوت بەرز
ناکەیتەوە بۆیان و ئیتر میسرت لەبیر نابێت.

٢٨«چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
ئۆهۆلیڤا من خەریکم دەتدەمە دەست
ئەوانەی ڕقت لێیان بووەوە، بە دەست ئەوانەی
پشتت لێکردن، ٢٩جا بە قینەوە هەڵسوکەوتت
لەگەڵدا دەکەن، هەموو بەری ڕەنجت دەبەن
و بە ڕووتوقووتی بەجێت دەهێڵن، بێ شەرمی
لەشفرۆشیت و بەدڕەوشتی و هەوەسبازییەکەت
ئاشکرا دەکرێت. ٣٠ئەمەیان بەسەرت هێناوە، چونکە
بەدوای نەتەوەکانەوە هەوەسبازیت کرد و بە
بتەکانیان خۆتت گڵاوکرد. ٣١ڕێگای خوشکت گرتەبەر،
لەبەر ئەوە جامەکەی ئەو دەدەمە دەستی تۆ.

٣٢«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«تۆ لە جامی خوشکت دەخۆیتەوە،
کە قووڵ و بەرینە،
جامەکەش دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی و
سووکایەتی پێکردن،
چونکە زۆر دەگرێت.
٣٣پڕ دەبیت لە مەستی و خەم،
چونکە جامی سامیرەی خوشکتە،
جامی واقوڕمان و وێرانییە.
٣٤جا دەیخۆیتەوە هەتا چۆڕبڕی دەکەیت،
پاشان پارچەپارچەی دەکەیت و
مەمکی خۆت لەتوکوت دەکەیت،

چونکە من قسەم کرد، ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.

٣٥«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: چونکە منت لەبیر کرد و پشت

گوێت خستم، لەبەر ئەوە بەرگەی بەدڕەوشتی و
لەشفرۆشییەکەت بگرە.»
[٣٦]هەروەها یەزدان پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی
مرۆڤ، ئایا حوکم بەسەر ئۆهۆلا و ئۆهۆلیڤا
دەدەیت؟ بەڵکو ڕووبەڕووی نەریتە قێزەونەکانی
خۆیان بکەرەوە، [٣٧]چونکە لەشی خۆیان فرۆشت و
دەستیان بە خوێنە، لەگەڵ بتەکانیان داوێنپیسیان
کرد، هەروەها ئەو کوڕانەی کە بۆ منیان بوو وەك
خۆراك بۆ بتەکانیان بە ئاگر سووتاندیانن. [٣٨]هەروەها
ئەمەشیان بە من کرد: لەو ڕۆژەدا پیرۆزگاکەی
منیان گڵاوکرد و شەممەکانی منیان پیس کرد. [٣٩]کە
ڕۆڵەکانی خۆیان بۆ بتەکانیان سەربڕی، ئەو ڕۆژە
بۆ پیرۆزگاکەم هاتن تاوەکو گڵاوی بکەن. لەوێ
لەناوەڕاستی ماڵەکەمدا ئەوەیان ئەنجام دا.
[٤٠]«تەنانەت نێردراویان نارد بۆ ئەوەی چەند
پیاوێك لە دوورەوە بێن، کاتێك هاتن، ئۆهۆلیڤا، تۆ
خۆتت بۆیان شوشت و کلت لە چاوان کرد و بە
خشڵ خۆتت ڕازاندەوە. [٤١]لەسەر سەکۆیەکی نایاب
لەبەردەم مێزێکی ئامادەکراو دادەنیشتیت و بخوور
و زەیتی منت لەسەر دادەنا.
[٤٢]«دەنگی کۆمەڵێك بیسترا کە لە دەوروبەری
ڕایاندەبوارد، لەگەڵ زۆروبۆری خەڵك. سەبئییەکان
لە چۆڵەوانییەوە هێنرابوون، ئەوانەی بازنیان کردە
دەستی ئەو دووانە و تاجی جوانیان خستە سەر
سەریان. [٤٣]ئینجا سەبارەت بەوەی لە داوێنپیسی
ماندوو بوو، فەرمووم: ”ئێستا با بۆ لەشفرۆشی
بەکاریبهێنن، چونکە ئەو تەنها لەشفرۆشێکە.“ [٤٤]جا
بۆی چوونە ژوورەوە، وەك ئەوەی بۆ لەشفرۆشێك
بچنە ژوورەوە. ئاوا چوونە ژوورەوە، بۆ لای
ئۆهۆلا و ئۆهۆلیڤا، دوو ژنە لەشفرۆشەکە. [٤٥]لەبەر
ئەوەی داوێنپیسن و دەست بە خوێنن، دادوەرانی
ڕاستودروست حوکمیان دەدەن، حوکمی داوێنپیس
و حوکمی خوێنڕێژ، چونکە داوێنپیسن و دەست بە
خوێنن.
[٤٦]«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
چەتە دەهێنمە سەریان و دەیاندەمە دەست
تۆقین و تاڵان. [٤٧]چەتەکان بەردبارانیان دەکەن، بە
شمشێرەکانیان لەتوپەتیان دەکەن، کوڕ و کچەکانیان
سەردەبڕن، خانووەکانیان بە ئاگر دەسووتێنن.
[٤٨]«جا کۆتایی بە بەدڕەوشتی دەهێنم لە
خاکەکە، هەموو ژنان پەندی لێ وەردەگرن و وەك
بەدڕەوشتییەکەی ئێوە ناکەن. [٤٩]بەدڕەوشتییەکەی
خۆتان بەسەر خۆتان دەگێڕنەوە، گوناهی بتەکانتان
هەڵدەگرن. ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی
باڵادەستم.»

## نموونەی مەنجەڵ

٢٤ لە دەی مانگی دەی ساڵی نۆیەم[a]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: [٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەم بەرواره تۆمار
بکە، هەر ئەم ڕۆژە، چونکە هەر لەم ڕۆژەدا بوو
پاشای بابل گەمارۆی ئۆرشەلیمی دا. [٣]پەندێك بۆ
بنەماڵەی یاخیبوو بهێنەوە و پێیان بڵێ: ”یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”مەنجەڵ لەسەر ئاگر دابنێ،
داینێ و ئاوی تێ بکە.
[٤]پارچە گۆشتەکانی تێدا کۆبکەرەوە،
هەموو پارچە چاکەکان، ڕان و شان،
پڕی بکە لە ئێسکی هەڵبژاردە.
[٥]باشترین مەڕی مێگەل ببە و
دار لەژێر مەنجەڵی ئێسکەکانی کۆبکەرەوە،
بە تەواوی بیکوڵێنە،
با ئیسکەکانیشی لەناویدا بکوڵێن.

[٦]«”چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”قوڕبەسەر شارە خوێنڕێژەکە،
ئەو مەنجەڵەی ژەنگەکەی خۆی تێدایە،
ژەنگەکەی لێ دەرنەچووو!
پارچەپارچە دەریبهێنن،

---

[a] ١ بەپێی ساڵنامەی یەهودا بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە پێنجی مانگی یەك ساڵی ٥٨٧ی پێش زایین. بڕوانە دووەم پاشایان ١:٢٥.

تیروپشکی لەسەر مەکەن.
٧ «”لەبەر ئەوەی ئەو خوێنەی ڕشتوویەتی
لەناوەڕاستیدایە،
چونکە لەسەر بەردی ڕووت دایناوە،
نەیڕشتە سەر زەوی،
تاکو بە خۆڵ دایپۆشێت.
٨ بۆ هەڵچوونی تووڕەیی و بۆ تۆڵەسەندنەوە
خوێنەکەی ئەوم لەسەر بەردێکی ڕووت دانا،
تاکو دانەپۆشرێت.

٩ «”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت:

«”قوڕبەسەر شارە خوێنڕێژەکە!
هەروەها منیش کەڵەکە دارەکەی گەورە
دەکەم.
١٠ دار زۆر بکە و ئاگری تێبەردە،
گۆشتەکە پێ بگەیەنە،
بە تەواوی بەهاراتی پێوە بکە،
لێگەڕێ با ئێسکەکان بسووتێنێت.
١١ دوای ئەوە مەنجەڵەکە بە بەتاڵی لەسەر
پشکۆیەکان دابنێ،
با گەرم بێت و مسەکەی بسووتێت،
جا پیسییەکەی تێیدا دەتوێتەوە و
ژەنگەکەی نامێنێت.
١٢ ڕەنجیان بە خەسار چوو،
ژەنگە زۆرەکەی لانەدرا،
تەنانەت بە ئاگریش.

١٣ «”جا پیسییەکەت بەدڕەوشتییە. لەبەر ئەوەی
هەوڵم دا پاکت بکەمەوە بەڵام پاك نەبوویتەوە،
هەر لە پیسییەکەت پاك نابیتەوە هەتا تووڕەیی
خۆمت بەسەردا دانەمرکێنمەوە.

١٤ «”من یەزدانم، ئەوەم فەرموو، دێتە دی و
دەیکەم. نە دەستت لێ دەپارێزم و نە دڵم پێت
دەسووتێت و نە پاشگەز دەبمەوە. بەگوێرەی ڕەفتار
و کردەوەکانت حوکمت دەدەن، ئەوە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەستە.”»

## مردنی ژنی حزقیێل

١٥ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
١٦ «ئەی کوڕی مرۆڤ، من خەریکم بە لێدانی گورزێك
ئەوەی چاوت ئارەزووی دەکات لێتی دەستێنم، جا
مەلاوێوە و مەگریێ و فرمێسك مەڕێژە. ١٧ بە کپی
ئاخ هەڵکێشە، شیوەن مەگێڕە بۆ مردوو. مێزەر لە
خۆت بپێچە، با پێڵاوەکانت لە پێتدا بن و سمێڵت
دامەپۆشە و نانی ماتەم مەخۆ.»
١٨ بۆ بەیانی قسەم لەگەڵ گەل کرد و بۆ ئێوارە
ژنەکەم مرد، ڕۆژی دواتریش چۆن فەرمانم پێ
کرابوو وام کرد.
١٩ ئینجا گەل لێیان پرسیم: «ئایا پێمان ناڵێیت،
ئەمەی تۆ دەیکەیت پەیوەندی چییە بە ئێمەوە؟»
٢٠ منیش وەڵامم دانەوە: «فەرمایشتی یەزدانم بۆ
هات، پێی فەرمووم: ٢١ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل
قسە بکە و بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: من خەریکم پیرۆزگای خۆم گڵاو
دەکەم، ئەو قەڵایەی شانازی پێوە دەکەن، ئارەزووی
چاوتان و خۆشی گیانتانە. کوڕ و کچەکانتان، ئەوانەی
بەجێتان هێشتن بە شمشێر دەکوژرێن. ٢٢ من چیم
کرد ئێوەش بە هەمان شێوە دەکەن، سمێڵتان
داناپۆشن و نانی ماتەم ناخۆن. ٢٣ مێزەرەکانتان بە
سەرتانەوە و پێڵاوەکانتان لە پێتان دەبێت، شیوەن
ناگێڕن و ناگریێن، بەڵکو بە تاوانەکانتانەوە دەفەوتێن
و بۆ یەکتری دەنوزێنەوە. ٢٤ حزقیێل بۆ ئێوە دەبێتە
نیشانە. هەموو ئەوەی کردی ئێوەش دەیکەن. کاتێك
ئەمە ڕوودەدات، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانی
باڵادەستم.“
٢٥ «تۆش، ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەو ڕۆژەی کە
قەڵاکەیان لێ دەستێنمەوە، کە شادی و شانازییانە،
ئارەزووبەخشی چاوانیانە و خۆشی دڵیانە، هەروەها
کوڕ و کچیشیان لێ دەستێنمەوە، ٢٦ هەر لەو ڕۆژەدا،
دەربازبوویێك دێت بۆ لات وەك هەواڵدەرێك. ٢٧ لەو

ڕۆژەدا زمانت بۆ دەربازبووەکە دەکرێتەوە قسە دەکەیت و چیتر لاڵ نابیت. بۆیان دەبیت بە نیشانە، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.»

## پێشبینییەک لەسەر عەمۆن

٢٥ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت لە عەمۆنییەکان بکە و پێشبینییان لەسەر بکە، ٣بە عەمۆنییەکان بڵێ: ”گوێ لە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەست بگرن، یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی گوتت ’هۆیها!‘ لەسەر پیرۆزگاکەم چونکە گڵاو بوو، لەسەر خاکی ئیسرائیل چونکە وێران بوو، لەسەر بنەماڵەی یەهوداش چونکە بە دیلی ڕاپێچ کران، ٤لەبەر ئەوە منیش دەتدەمە دەست خەڵکی ڕۆژهەڵات داگیرت بکەن، جا خێوەتگاکانیان لەنێو تۆدا دادەمەزرێنن و نشینگەکانیان لەنێو تۆدا دادەنێن. ئەوان میوەکەت دەخۆن و هەر ئەوانیش شیرەکەت دەخۆنەوە. ٥ڕەبە دەکەم بە مۆڵگای وشتر و خاکی عەمۆنییەکانیش بە پشتیری[a] مەڕ، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم. ٦یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی بە دەست چەپڵەت لێدا و پێت دا بە زەویدا و بە هەموو قینی دڵتەوە بە ڕووخاندنی ئیسرائیل دڵخۆش بوویت، ٧لەبەر ئەوە منیش دەستم بۆت درێژ دەکەم، وەک دەستکەوت دەتدەمە دەست نەتەوەکان. لەنێو گەلان ڕیشەکێشت دەکەم، لە خاکەکان لەناوت دەبەم. وێرانت دەکەم، جا دەزانیت کە من یەزدانم.“»

## پێشبینییەک لەسەر مۆئاب

٨«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی مۆئاب و سێعیر دەڵێن، ’ببینە بنەماڵەی یەهودا وەک هەموو نەتەوەکانە،‘ ٩هەر لەبەر ئەوە من لەلای شارۆچکەکانییەوە سنووری مۆئاب دەکەمەوە، لە شارۆچکەکانی ئەوپەڕییەوە، کە جوانترینی خاکەکەن، بێتیەشیمۆت و بەعلمەعۆن و قیریاتەیم. ١٠مۆئاب لەگەڵ عەمۆنییەکان دەدەمە دەست خەڵکی ڕۆژهەڵات، بۆ ئەوەی ئیتر ناوی عەمۆنییەکان لەنێو نەتەوەکان نەهێنرێت. ١١مۆئاب سزا دەدەم، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.“»

## فەرموودەیەک سەبارەت بە ئەدۆم

١٢«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی ئەدۆم تاوانێکی گەورەی کرد، بەوەی تۆڵەی لە بنەماڵەی یەهودا سەندەوە، ١٣هەر لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: دەستم بۆ سەر ئەدۆم درێژ دەکەم و مرۆڤ و ئاژەڵی لێ ڕیشەکێش دەکەم. لە تێمانەوە بۆ دیدان بە شمشێر دەکوژرێن و خاکەکەش دەکەمە چۆڵەوانی. ١٤بە دەستی ئیسرائیلی گەلەکەم تۆڵە لە ئەدۆم دەکەمەوە، جا ئەوەی بە ئەدۆمی دەکەن بەگوێرەی تووڕەیی و هەڵچوونی من دەبێت، ئەو کاتە تۆڵەی من دەزانن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“»

## پێشبینییەک لەسەر فەلەستیە

١٥«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ”لەبەر ئەوەی فەلەستییەکان بە دڵێکی پڕ لە قینەوە تۆڵەیان لە یەهودا سەندەوە و کاریان کرد بۆ وێرانی و دوژمندارییەکی هەتاهەتایی، ١٦هەر لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من خەریکم دەست بۆ سەر فەلەستییەکان درێژ دەکەم و کریتییەکان ڕیشەکێش دەکەم و پاشماوەی دانیشتووانی کەناری دەریا لەناودەبەم. ١٧تۆڵەی مەزنیان لێ دەکەمەوە و بە تووڕەیی سزایان دەدەم، جا دەزانن کە من یەزدانم، کاتێک تۆڵەی خۆمیان لێ وەردەگرمەوە.“»

[a] ٥ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

## فەرمایشتێک سەبارەت بە پاشایەتی سور

٢٦
لە یەکی مانگی یازدەی ساڵی دوازدەیەم،[a]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی سور
دەربارەی ئۆرشەلیم گوتی: ”هۆیها! دەروازەکەی
ڕوو لە گەلان شکا، دەرگاکانی کەوتنە سەر پشت،
وێرانبوونی ئەو قازانجی منە.“ ٣لەبەر ئەوە یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی سور، من لە دژی
تۆم، هەروەک دەریا شەپۆلەکانی بەرز دەکاتەوە،
من چەندین نەتەوە دەهێنمە سەرت. ٤جا ئەوان
شووراکانی سور دەڕووخێنن و قوللەکانی تێکدەدەن،
منیش خۆڵەکەی لەسەر ڕادەماڵم و دەیکەم بە
بەردی ڕووت. ٥دەبێتە شوێنێک بۆ بڵاوکردنەوەی تۆڕ
لەناو دەریا، چونکە من قسەم کرد. ئەوە فەرمایشتی
یەزدانی باڵادەستە. سور دەبێتە دەستکەوت بۆ
نەتەوەکان و ٦شارۆچکەکانی دەوروبەری بە شمشێر
وێران دەبن، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.

٧«چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
من لە باکوورەوە نەبوخودنەسری پاشای بابل
دەهێنمە سەر سور، پاشای پاشایان، بە ئەسپ
و گالیسکە و سوار و لەشکرێکی مەزنەوە. ٨جا
شارۆچکەکانی دەوروبەرت بە شمشێر وێران دەکات،
سەنگەرت لە دەور لێدەدەن و قوللەت لەسەر بنیاد
دەنێت، سەنگەرت لە دەور لێدەدات و قەڵغانت لێ
هەڵدەگرێت. ٩مەنجەنیق دەخاتە سەر شووراکانت
و بە چەکەکانی قوللەکانت دەڕووخێنێت. ١٠لە
زۆری ئەسپەکانی تۆزیان داتدەپۆشێت. لە دەنگی
ئەسپ سوار و عەرەبانە و گالیسکەکان شووراکانت
دەلەرزن، کاتێک دێتە ناو دەروازەکانتەوە، وەک
چوونەناو شارێکی پڕ کەلێن. ١١بە سمی ئەسپەکانی
هەموو شەقامەکانت دەپەستێتەوە، گەلەکەت بە
شمشێر دەکوژێت، کۆڵەکە بەهێزەکانت دەکەونە
سەر زەوی. ١٢سامانت تاڵان دەکەن، بازرگانیت زەوت
دەکەن، شووراکانت دەڕووخێنن، خانووە جوانەکانت
تێکدەدەن، بەرد و دار و خۆڵت دەخەنە ناو دەریاوە.
١٣دەنگی ناسازی گۆرانییەکانت کۆتایی پێ دەهێنم،
چیتر دەنگی قیسارەکانت نابیسترێنەوە. ١٤دەتکەمە
بەردی ڕووت و دەبیتە شوێنی بڵاوکردنەوەی
تۆڕەکان. جارێکی دیکە بنیاد نانرێیتەوە، چونکە من
یەزدانم، ئەوەم فەرموو. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە.

١٥«یەزدانی باڵادەست بە سور ئەمە دەفەرموێت:
ئایا ناوچەکانی کەناری دەریا لەگەڵ دەنگی
کەوتنت، لەگەڵ هاواری بریندار و کەوتنی کوژراوان
لەناوەڕاستی تۆدا نالەرزن؟ ١٦هەموو میرانی کەناری
دەریا لەسەر تەختەکانیان دادەبەزن و کەواکانیان
دادەماڵن و کراسە نەخشینەکانیان دادەکەنن،
بەرگی تۆقین دەپۆشن و لەسەر زەوی دادەنیشن و
هەموو چرکەیەک دەلەرزن، واقیان لێت وڕدەمێنێت.
١٧شینت بۆ دەگێڕن و پێت دەڵێن:

«”ئەی شارە بەناوبانگەکە، چۆن لەناوچوویت؟
چۆن هێزە دەریاییەکەت لەناوچوو؟
بەهێز بوویت لە دەریا،
خۆت و دانیشتووانەکەت،
هەموو ئەوانەی کە لەوێدا دەژیان
تۆ ترس و تۆقینت هێنایە سەریان.
١٨گەلانی کەناری دەریاکان
لە ڕۆژی کەوتنت دەلەرزن،
دوورگەکانی ناو دەریا
لەبەر نەمانت دەوروژێن.“

١٩«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: کاتێک
وەک شارە بێ ئاوەدانییەکان دەتکەمە شارێکی
وێران، کاتێک قووڵایی دەریاکان دەهێنمە سەرت و
ئاوە زۆرەکان داتدەپۆشن، ٢٠لەگەڵ ئەوانەی دەچنە
نێو جیهانی مردووان تۆش دەخەمە ناوی، بۆ لای
ئەو گەلانەی کە لەمێژەوە مردوون و لە نزماییەکانی
زەوی داتدەنشێنم. لە کاولگە هەتاهەتاییەکان
لەگەڵ ئەوانەی کە دەچنە نێو جیهانی مردووان،

[a] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە سێی مانگی دوو ساڵی ٥٨٥ی پێش زایین.

بۆ ئەوەی لە خاکی زیندوواندا ئاوەدان نەبیت و
نەدرەوشێیتەوە. ٢١ دەتکەمە کارەسات و ئیتر بوونت
نابێت، بەدواتدا دەگەڕێن و چیتر نادۆزرێیتەوە،
هەتاهەتایە. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## شیوەنێك بۆ سور

٢٧ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، شیوەنێك بۆ سور
بگێڕە. ٣ بە سور بڵێ: ئەی نیشتەجێ لەلای گەرووی
دەریا، ئەوەی لە زۆربەی کەنارەکان بازرگانی لەگەڵ
گەلان دەکات، یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”ئەی سور، تۆ گوتت
’من تەواو جوانم.‘
٤ سنوورەکانت لەناو جەرگەی دەریاکان،
بنیادنەرانت جوانی تۆیان تەواو کرد.
٥ هەموو تەختە دارەکانیان
لە دار سنەوبەری سنیر[a] بۆت دروستکرد.
لە لوبنانەوە دارێکی ئورزیان هێنا
تاکو داری ئاڵات بۆ دروستبکەن.
٦ لە دار بەڕووەکانی باشان
سەوڵەکانی تۆیان دروستکرد.
تەختەداری درێژی کەشتییەکەت لە داری
سەروون لە کەنارەکانی قوبرسەوە
هێنراون،
بە عاج ڕازاوەن.
٧ کەتانی نەخشێنراوی میسر
چارۆکەکەتە هەتا بۆت ببێتە ئاڵا.
قوماشی مۆر و ئەرخەوانی لە کەنارەکانی
ئەلیشایەوە
چەترت بوون.
٨ خەڵکی سەیدا و ئەرڤاد
سەوڵیان بۆ لێدەدایت.
ئەی سور، پیاوە داناکانت کە لەناوتدا بوون،
ئەوان کەشتیوانت بوون.
٩ پیرانی جوبەیل[b] و داناکانی لەسەر پشتی تۆ
بوون،
کون و کەلێنەکانیان بۆت پڕ دەکردەوە.
هەموو کەشتییەکانی دەریا و کەشتیوانەکانیان
هاتنە تەنیشتت،
بۆ بازرگانیکردن بە کەلوپەلەکانت.

١٠ «”پیاوانی فارس و لوود و پووت
لە ڕیزی سوپاکەت جەنگاوەرت بوون،
قەڵغان و کڵاوی ئاسنینیان لەسەر شووراکانت
هەڵواسی،
ئەوانە شکۆیان بە تۆ بەخشی.
١١ نەوەی ئەرڤاد لەگەڵ سوپاکەت
بە چواردەورتدا لەسەر شووراکانت بوون،
گەمادییەکان لەناو قوللەکانت بوون،
قەڵغانەکانیان بە چواردەورتدا لەسەر
شووراکانت هەڵواسی،
ئەوانە جوانی تۆیان تەواو کرد.

١٢ «”تەرشیش بەهۆی دەوڵەمەندی و زۆری
کاڵاکانت بازرگانی لەگەڵ دەکردیت، زیو و ئاسن و
تەنەکە و قورقوشمی بە کاڵاکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
١٣ «”یۆنان و توبال و مەشەك بازرگانییان لەگەڵ
دەکردیت، کۆیلە و کەلوپەلی بڕۆنزیان بە کاڵاکانت
ئاڵوگۆڕ دەکرد.
١٤ «”دانیشتووانی بێت‌تۆگەرما ئەسپ و ئەسپی
سواری و هێستریان بە کاڵاکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
١٥ «”خەڵکی ڕودس[c] بازرگانییان لەگەڵ دەکردیت،
زۆر لە کەنارەکان بازاڕی فرۆشتنی کاڵاکانی تۆ بوون،
لە جیاتی نرخەکەی قۆچی عاج و داری ئەبەنوسیان
پێدەدایت.
١٦ «”ئارامییەکان لەبەر زۆری کارە دەستکردەکانت

[a] ٥ سنیر: دەگەڕێتەوە بۆ چیای حەرمۆن. بڕوانە دواوتار ٩:٣.

[b] ٩ شاری جوبەیل شارێکی کۆنە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ لەمەوپێش، ئەمڕۆ بە دووری ٣٨ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری بەیروت.

[c] ١٥ دوورگەیەکە لە دەریای سپی ناوەڕاست.

بازرگانییان لەگەڵ دەکردیت، بەردە پیرۆزە،[a]
قوماشی ئەرخەوانی، کاری ئەتەمین[b]، کەتانی ناسك،
مەرجان و یاقووتیان[c] بە کاڵاکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
١٧«"یەهودا و خاکی ئیسرائیل بازرگانییان
لەگەڵ دەکردیت، گەنمی مینیت و شیرینەمەنی
و هەنگوین و زەیت و مەرهەمی هەتووانیان[d] بە
کاڵاکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
١٨«"دیمەشق بازرگانی لەگەڵ دەکردیت بەهۆی
زۆری کارە دەستکردەکانت و فرەیی سامانەکەت،
شەرابی حەلبۆن و خوری چاحەریان لەگەڵت ئاڵوگۆڕ
دەکرد.
١٩«"دانییەکان و یۆنانییەکان لە ئوزال ئاڵوگۆڕیان
بە کاڵاکانت کرد، ئاسنی کوتراو و کاسیا[e] و قامیشی
بۆنخۆشیان لەگەڵ کەلوپەلەکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
٢٠«"دیدان بازرگانی لەگەڵ دەکردیت بۆ زینی
لباد، بۆ سواربوون.
٢١«"عەرەبستان و هەموو میرەکانی قێدار
بازرگانییان لەگەڵ دەکردیت، لە بەرخ و بەران و
نێری، بەمە بازرگانییان لەگەڵ کردیت.
٢٢«"بازرگانەکانی شەبا و ڕەعما بازرگانییان
لەگەڵ دەکردیت، زێڕ و هەموو جۆرە بۆنێکی خۆش
و بەردە گرانبەهاکانیان لە باشترین جۆر لەگەڵ
کاڵاکانت ئاڵوگۆڕ دەکرد.
٢٣«"حەڕان و کەنێ و عەدەن و بازرگانەکانی شەبا
و ئەشوور و کیلمەد بازرگانییان لەگەڵ دەکردیت.
٢٤ئەوانە لە بازاڕەکانت بە جل و بەرگی جوان،
قوماشی مۆر، کاری ئەتەمین، بەڕەی چنراو و ڕەنگین
بە دەزووی ڕستراو و پتەو بازرگانییان لەگەڵ کردیت.

٢٥«"کەشتییەکانی تەرشیش کاڵاکانت بار دەکەن.
لە باری گران لەناو جەرگەی دەریاکان پڕیت.
٢٦ئەوانەی سەوڵت بۆ لێدەدەن
بۆ ناو ئاوە زۆرەکان دەتبەن،
بەڵام بای ڕۆژهەڵات لەناو
جەرگەی دەریاکان تێکتدەشکێنێت.
٢٧سامان و کاڵا و کەلوپەلەکانت،
کەشتیوان و دەریاوان و وەستاکانت،
ئاڵوگۆڕکەران بە کەلوپەلەکەت، هەموو
جەنگاوەرەکانت کە لەناو تۆدان،
هەموو سەرنشینەکانت کە لەناوەڕاستی تۆن،
لە ڕۆژی ژێر ئاو کەوتنت
دەکەونە ناو جەرگەی دەریاوە.
٢٨لە دەنگی هاواری کەشتیوانەکانت
کەنارەکان دەلەرزن.
٢٩هەموو سەوڵلێدەر و کەشتیوانە بە ئەزموونەکان
و
کەشتیوانە ئاساییەکانی دەریا،
لە کەشتییەکانیان دادەبەزن و
لەسەر کەنار ڕادەوەستن،
٣٠دەنگیان بۆت بەرز دەکەنەوە و
بە تاڵییەوە دەقیژێنن،
خۆڵ دەکەن بەسەر سەری خۆیاندا و
لەناو خۆڵەمێش خۆیان دەگەوزێنن.
٣١بۆ تۆ پرچی سەریان دەتاشن و
جلوبەرگی گوش دەپۆشن.
بە تاڵی گیانەوە گریانێکی تاڵ
بۆت دەگریێن.
٣٢لە کاتی گریانیان لاوانەوەیەك بەرز دەکەنەوە،
بۆت دەلاوێننەوە:
'کێ وەك سور لەناو جەرگەی دەریا
بێدەنگی نواند؟'
٣٣کاتێك کاڵاکانت بە دەریاکاندا ناردە دەرەوە،
گەلانێکی زۆرت تێر کرد.
بە زۆری سامان و کەلوپەلەکانت
پاشایانی زەویت دەوڵەمەند کرد.
٣٤کاتێك لە دەریاکان تێکشکایت
لەناو قووڵایی ئاوەکان،
کەرەستە و هەموو سەرنشینەکەت

[a] ١٦ بەردە پیرۆزە: بەردێکی شینی سەوزباوە.
[b] ١٦ نەخشاندنی قوماش بە دەست.
[c] ١٦ یاقووت: گەوهەری سووری تێر.
[d] ١٧ ئازارشکێن.
[e] ١٩ دارێکە بۆ بۆنخۆشی بەکاردێت.

لەگەڵت نوقوم بوون.
٣٥ هەموو دانیشتووانی کەنارەکان
واقیان لێت وڕدەمێنێت،
پاشاکانیان موچڕکەیان پێدا دێت،
ڕوخساریان دەشێوێت.
٣٦ بازرگانانی نێو گەلان فیکەت بۆ لێ دەدەن،
کۆتاییەکەت ترسناک دەبێت و
ئیتر بۆ هەتاهەتایە نامێنیت.”»

## فەرمایشتێک سەبارەت بە پاشای سور

٢٨ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، بە سەرۆکی سور بڵێ:
”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”لەبەر لەخۆبایبوونەکەت گوتت:
’من خوداوەندێکم،
لەسەر تەختی خوداوەندییێتی دادەنیشم
لەناو جەرگەی دەریاکان.‘
بەڵام تۆ مرۆڤیت نەک خوداوەند،
هەرچەندە وا بزانیت وەک خوداوەندێک
دانایت.
٣ ئایا تۆ لە دانیال داناتری؟
هیچ نهێنییەک لێت ناشاردرێتەوە؟
٤ بە دانایی و تێگەیشتنت سامانت بۆ خۆت
دەست کەوت،
زێڕ و زیوت لە گەنجینەکانت کۆکردەوە.
٥ بەهۆی شارەزایی زۆرت لە بازرگانی
سامانەکەتت زیاد کرد،
جا لەبەر دەوڵەمەندییەکەت
لەخۆبایی بوویت.

٦ «”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت:

«”وا دەزانیت کە دانایت،
کە دانایی خوداوەندت هەیە،
٧ هەر لەبەر ئەوەش من بێگانە دەهێنمە سەرت،
دڕندەترینی نەتەوەکان،
شمشێرەکانیان هەڵدەکێشنە سەر جوانی و
داناییەکەت،
شکۆ درەوشاوەکەت دەبڕن.
٨ لەناو جەرگەی دەریاکان
بە مردنی خوێناوی دەمریت،
شۆڕت دەکەنەوە ناو جیهانی مردووان.
٩ ئایا لەبەردەم بکوژەکانت
دەڵێیت: ’من خوداوەندم‘؟
نەخێر، بەڵکو تۆ لەناو دەستی ئەوانە دایت کە
دەتدەنە بەر شمشێر،
تەنها مرۆڤیت، نەک خوداوەند.
١٠ بە مردنی خەتەنە نەکراوان دەمریت،
بە دەستی بێگانان.

چونکە من بەڵێنم دا. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.”»

١١ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
١٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، بۆ پاشای سور بلاوێنەوە و پێی
بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”تۆ نموونەی تەواوەتی بوویت،
پڕ لە دانایی و جوانی تەواو بوویت.
١٣ لە عەدەنی بەهەشتی خودا بوویت،
هەموو بەردێکی گرانبەها تۆی دەڕازاندەوە:
یاقووت[a]، یاقووتی زەرد، زمرووود،
زەبەرجەد، بەردی عاشقبەند، یەشب،
یاقووتی شین، بەردە پیرۆزە[b] و زمرووودی
سەوز.
چواردەوری بەردە گرانبەهاکەت بە زێڕ نەخشێنرا
بوو،
لە ڕۆژی بەدیهێنانت ئامادە کران.
١٤ تۆ کەڕوبی دەستنیشانکراو بوویت بۆ پاسەوانی،
ئەم ئەرکەم بە تۆ سپاردبوو.
تۆ لەسەر کێوی پیرۆزی خودا بوویت،
بەناو بەردە ئاگرینەکاندا هاتوچۆت دەکرد.

[a] ١٣ یاقووت: گەوهەری سووری تێر.
[b] ١٣ بەردە پیرۆزە: بەردێکی شینی سەوزباو.

١٥ تۆ لە کردەوەکانت تەواو بوویت،
لە ڕۆژی بەدیهێنانتەوە
هەتا ئەو ڕۆژەی خراپەت تێدا بەدیکرا.
١٦ بەهۆی فراوانبوونی بازرگانییەکەت،
پڕ بوویت لە ستەم و
گوناهت کرد.
لەبەر ئەوە ئەی کەڕوبی پاسەوان،
وەك گڵاوییەك لە کێوی خوداوە فڕێمدایت،
لەناو بەردە ئاگرینەکاندا دەرمکردیت.
١٧ لەبەر جوانییەکەت لەخۆبایی بوویت،
لە پێناوی شکۆی خۆت دانایيەکەتت بە
گەندەڵی بەکارهێنا.
لەبەر ئەوە فڕێمدایتە سەر زەوی،
تۆم کرد بە دیمەنێك بۆ ئەوەی پاشایان
تەماشات بکەن.
١٨ لەبەر زۆری تاوانەکانت و ناپاکیت لە
بازرگانییەکەت
پیرۆزگاکانی خۆتت گڵاوکرد.
لەبەر ئەوە ئاگرێکم داگیرساند لە تۆوە دەرچوو،
تۆی هەڵلووشی،
دەتکەمە خۆڵەمێش لەسەر زەوی،
لەبەرچاوی هەموو ئەوانەی سەیریان
دەکردیت.
١٩ هەموو ئەوانەی لەنێو گەلان تۆیان ناسی
واقیان لێت وڕدەمێنێت،
چونکە بوویتە پەند و
ئیتر بۆ هەتاهەتایە نامێنیت.“»

## فەرمایشتێك سەبارەت بە سەیدا

٢٠ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢١ «ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووی خۆت لە سەیدا بکە
و پێشبینی لەسەر بکە، ٢٢ بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست
ئەمە دەفەرموێت:

«”ئەی سەیدا، من لە دژی تۆم و
لەناوەڕاستی تۆدا شکۆمەندی خۆم دەردەخەم.
کاتێك سزای ئەو دەدەم و
پیرۆزی خۆم دەردەخەم،
ئەو کاتە دەزانن کە من یەزدانم.
٢٣ دەرد دەنێرمە سەری و
خوێن بەناو کۆڵانەکانیدا دەڕوات.
لە هەموو لایەکەوە شمشێر دێتە سەری و
لەناوەڕاستیدا کوژراوەکان دەکەون،
کە لە هەموو لایەکەوە دێتە سەری،
ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.

٢٤ «”لەمەودوا ئەو گەلانەی کە لە دەوروبەری
بنەماڵەی ئیسرائیلن، ئەوانەی سووکایەتییان پێ
دەکەن بۆیان نابنە چقڵی چەقیو و دڕکی بە ئازار.
ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانی باڵادەستم.
٢٥ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
کاتێك بنەماڵەی ئیسرائیل کۆدەکەمەوە، لەنێو ئەو
گەلانەی کە بۆ ناویان پەرتەوازە بوون، لەبەرچاوی
نەتەوەکان پیرۆزی خۆم لەنێویاندا دەردەخەم. ئیتر
لە خاکەکەی خۆیاندا نیشتەجێ دەبن، ئەوەی دام
بە یاقوبی بەندەی خۆم. ٢٦ ئینجا بە ئاسوودەیی
تێیدا نیشتەجێ دەبن و خانوو بنیاد دەنێن و ڕەز
دەچێنن. کاتێك سزای هەموو ئەوانە دەدەم کە لە
دەوروبەریان سووکایەتییان پێ کردن، بە ئاسوودەیی
نیشتەجێ دەبن. ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم،
خودای ئەوانم.“»

## فەرمایشتێك سەبارەت بە میسر

### حوکم بەسەرردادانی فیرعەون

٢٩ لە دوازدەی مانگی دەی ساڵی دەیەم،[a]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی
فەرمووم: ٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت لە فیرعەونی
پاشای میسر بکە و پێشبینی لەسەر هەموو میسر
بکە. ٣ قسە بکە و بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت:

[a] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە حەوتی مانگی یەکی ساڵی ٥٨٧ی پێش زایین.

«”ئەی فیرعەونی پاشای میسر، من لە دژی تۆم،
ئەی تیمساحە گەورە ڕاکشاوەکە لەناو لقەکانی نیل،
ئەوەی گوتی، ’ڕووباری نیل هی منە و
من بۆ خۆم دروستم کردووە.‘
[٤] قولاپ لە شەویلگەت دەکەم،
ماسی چەمەکانت بە پوولەکەکانتەوە دەلکێنم.
بە هەموو ئەو ماسییانەوە کە بە پوولەکەکانتەوە لکاون،
لە ناوەڕاستی چەمەکانت دەرتدەهێنم.
[٥] لە چۆڵەوانی بەجێت دەهێڵم،
خۆت و هەموو ماسی چەمەکانت.
لە دەشتودەر دەمریت،
نە خڕدەکرێیتەوە و نە هەڵدەگیرێیتەوە.
تۆ دەکەمە خۆراکی
گیانلەبەری زەوی و باڵندەی ئاسمان.

[٦] ئەو کاتە هەموو دانیشتووانی میسر دەزانن کە من یەزدانم.

«”تۆ گۆچانی قامیش بوویت بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل. [٧] کە تۆیان بە دەستی گرت، شەق شەق بوویت و ناو شانی ئەوانت دڕی، کە خۆیان بەسەرتدا دا، شکایت و پشتی ئەوانیشت شکاند.

[٨] «”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من شمشێرێکت دەهێنمە سەر، مرۆڤ و ئاژەڵت لێ ڕیشەکێش دەکەم. [٩] خاکی میسر دەبێت بە کاولگە و چۆڵەوانی، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.

«”چونکە گوتی، ’ڕووباری نیل هی منە و من دروستم کردووە،‘ [١٠] لەبەر ئەوە من لە دژی تۆ و چەمەکانی تۆم، خاکی میسر دەکەم بە کەلاوەی کاول و چۆڵ، لە مگدۆلەوە هەتا ئەسوان و هەتا سنووری کوش. [١١] نە پێی مرۆڤی تێدا ڕەت دەبێت و نە پێی ئاژەڵ، بۆ چل ساڵ کەس تێیدا نیشتەجێ نابێت. [١٢] خاکی میسر دەکەم بە چۆڵەوانی نێو خاکە چۆڵەکان، شارەکانیشی بۆ ماوەی چل ساڵ لەناو شارە کاولەکان چۆڵ دەبێت، میسرییەکان بەناو نەتەوەکاندا پەرت دەکەم و لەنێو خاکەکاندا بڵاویان دەکەمەوە.

[١٣] «”لەگەڵ ئەوەشدا یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لە کۆتایی چل ساڵەکە میسرییەکان لەو گەلانە کۆدەکەمەوە کە تێیاندا پەرشوبڵاو بوون. [١٤] ڕاپێچکراوەکانی میسر دەگەڕێنمەوە بۆ شانشینی باشووری میسر[a]، بۆ نیشتیمانی دایکیان دەیانگەڕێنمەوە و لەوێ دەبن بە پاشایەتییەکی نزم و بێ نرخ. [١٥] بێ نرخترین پاشایەتی دەبێت، ئیتر بەسەر نەتەوەکاندا بەرز نابێتەوە. لاوازیان دەکەم بۆ ئەوەی بەسەر نەتەوەکاندا زاڵ نەبن. [١٦] لەمەودوا میسر نابێت بە پاڵپشتی بنەماڵەی ئیسرائیل، بەڵکو تاوانەکەیان دێتەوە یادیان، کاتێك ڕوویان لە میسر کرد، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانی باڵادەستم.“»

**پاداشتی نەبوخودنەسر**

[١٧] لە یەکی مانگی یەکی ساڵی بیست و حەوتەم،[b] فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [١٨] «ئەی کوڕی مرۆڤ، نەبوخودنەسری پاشای بابل لەشکرەکەی خۆی لە جەنگێکی قورسدا لە دژی سور بەکارهێنا، هەتا ئەوەی هەموو سەرێك ڕووتایەوە و هەموو شانێك داماڵرا، بەڵام نە خۆی و نە لەشکرەکەی لەو جەنگەی کە ڕابەرایەتی کرد هیچ پاداشتێکیان لە سور دەست نەکەوت. [١٩] لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من خاکی میسر دەدەمە نەبوخودنەسری پاشای بابل، جا سامانەکەی دەبات، دەیدزێت و تاڵانی دەکات، دەبێتە کرێ بۆ لەشکرەکەی. [٢٠] خاکی میسرم بە ئەو دا وەك پاداشت بۆ ماندووبوونەکەی، چونکە ئەو و سوپاکەی لە پێناوی مندا جەنگان.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

---

[a] ١٤ واتە باشووری میسر.

[b] ١٧ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە بیست و شەشی مانگی چواری ساڵی ٥٧١ی پێش زایین.

٢١«لەو ڕۆژەدا هێزی بنەماڵەی ئیسرائیل
دەگەڕێنمەوە، دەمی تۆش لەنێویان دەکەمەوە. ئیتر
ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.»

## شیوەنێك بۆ میسر

٣٠ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بکە و بڵێ:
”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”واوەیلا بکەن،
’ئای بۆ ئەو ڕۆژە!‘
٣چونکە ڕۆژەکە نزیکە،
ڕۆژەکەی یەزدان نزیکە،
ڕۆژێکی بە هەورە،
کاتی وێرانبوونی نەتەوەکان دەبێت.
٤شمشێرێك دێتە سەر میسر،
ترس دێتە سەر کوش.
کاتێك کوژراوان لە میسر دەکەون،
سامانەکەی دەبردرێت و
بناغەکانی دەڕووخێنرێت.

٥کوش و لیبیا، لوود و هەموو عەرەبستان، کووب و
نەوەکانی خاکی پەیمان، لەگەڵ میسر بە شمشێرەکە
دەکەون.
٦«”یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”هاوپەیمانانی میسر دەشکێن و
هێزەکەی لەدەست دەدات کە مایەی
شانازییەتی،
خەڵکەکەشی لە مگدۆلەوە هەتا ئەسوان
بە شمشێرەکە دەکوژرێن.”»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
٧«”وەك خاکەکانی دەوروبەریان چۆڵ دەبن،
شارەکانیان لە ڕیزی شارە کاولەکان دەبن.
٨بەوە دەزانن کە من یەزدانم،
کاتێك ئاگر لە میسر بەردەدەم و
هەموو یارمەتیدەرانی تێکدەشکێنرێن.

٩«”لەو ڕۆژەدا، نێردراوان بە سواری کەشتی لەلای
منەوە دێن بۆ تۆقاندنی کوشی لەخۆڕازی، ئینجا
لە ڕۆژی سزادانی میسر ترس دێتە سەریان، چونکە
ئەوەتا دێت.
١٠«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”من ئاپۆرەی سوپای میسر لەناودەبەم،
بە دەستی نەبوخودنەسری پاشای بابل.
١١ئەو بە خۆی و بە لەشکرەکەیەوە دڕندەترینی
نەتەوەکانن،
بۆ کاولکردنی خاکەکە دەهێنرێن،
جا شمشێرەکانیان بۆ سەر میسر هەڵدەکێشن،
خاکەکە پڕ دەکەن لە کوژراو.
١٢چەمەکانی نیل وشك دەکەم و
خاکەکە دەفرۆشم بە خراپەکاران،
بە دەستی بێگانان
خاکەکە و هەرچی تێیدایە کاولی دەکەم.

من یەزدانم، ئەوەم فەرموو.
١٣«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”بتەکان لەناودەبەم و
کۆتایی بە پەیکەرەکانی نێو مەمفیس دەهێنم،
لەمەودوا هیچ میرێك لە خاکی میسر
هەڵناکەوێت،
ترس دەخەمە سەر خاکی میسر.
١٤پاشایەتی باشووری میسر تێکدەدەم و
ئاگر لە چۆعەن بەردەدەم و
لە تیب سزا دەسەپێنم.
١٥تووڕەیی خۆم بەسەر شاری پەلوزیوم دەبارێنم،
قەڵاکەی میسر،
ئاپۆرەی سوپای تیب ڕیشەکێش دەکەم.
١٦ئاگر لە میسر بەردەدەم،
پەلوزیوم ئێشی پێ دەگات.
تیب تەفروتونا دەبێت،
مەمفیسیش هەموو ڕۆژێك لە تەنگانەدا
دەبێت.

١٧ گەنجەکانی ئۆن و پیڤەسەت
بە شمشێر دەکوژرێن،
ئەو دوو شارەش ڕاپێچ دەکرێن.
١٨ لە تەحپەنحێس ڕۆژ تاریك دادێت
کاتێك نیرەکانی[a] میسر دەشکێنم،
شانازی هێزی نامێنێت.
هەورێك میسر دادەپۆشێت،
شارۆچکەکانی ڕاپێچ دەکرێن.
١٩ لە میسر سزا دەسەپێنم،
ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.“»

## شکاندنی هێزەکانی فیرعەون

٢٠ لە حەوتی مانگی یەکی ساڵی یازدەیەمین،[b]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ٢١ «ئەی
کوڕی مرۆڤ، من بازووی فیرعەونی پاشای میسرم
شکاند. یەکناگرێتەوە، نە بە پەلیکە دار و نە بە
پێچانەوەی، بۆ ئەوەی بەهێز بێت و شمشێر
بەدەستەوە بگرێتەوە. ٢٢ لەبەر ئەوە یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من لە دژی فیرعەونی
پاشای میسرم. هەردوو بازووی دەشکێنم، ساغەکە
و شکاوەکە، شمشێر لە دەستی بەردەدەمەوە.
٢٣ میسرییەکان بەناو نەتەوەکاندا پەرت دەکەم
و بەناو خاکەکاندا بڵاویان دەکەمەوە. ٢٤ هەردوو
بازووی پاشای بابل توند دەکەم و شمشێری خۆم
دەدەمە دەستییەوە. هەردوو بازووی فیرعەونیش
دەشکێنم و لەبەردەمی وەك نوزانەوەی بریندار
دەنوزێتەوە. ٢٥ بازووەکانی پاشای بابل توند دەکەم،
بەڵام بازووەکانی فیرعەون دەکەون. ئیتر ئەوان
دەزانن کە من یەزدانم، کاتێك شمشێری خۆم
دەدەمە دەست پاشای بابل و بەسەر خاکی میسردا
هەڵیدەکێشێت. ٢٦ میسرییەکان بەناو نەتەوەکاندا
پەرتەوازە دەکەم و بەناو خاکەکاندا بڵاویان
دەکەمەوە. ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.»

## فیرعەون وەك دار ئورزێکی لوبنان ڕیشەکێش دەکرێت

٣١ لە یەکی مانگی سێی ساڵی یازدەیەمین،[c]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، بە فیرعەونی پاشای میسر و
ئاپۆرەی سوپاکەی بڵێ:

«”لە گەورەییدا بە کێ خۆت بەراورد دەکەیت؟
٣ سەیر بکە ئاشور دار ئورزێك بوو لە لوبنان،
چڵەکانی جوان و سێبەرەکەی پڕ بوو،
باڵای بەرز بوو،
لووتکەی گەیشتە هەور.
٤ ئاو گەشەیان پێ کرد،
کانیاوە هەڵقوڵاوەکان گەورەیان کرد،
جۆگەکانی بە دەوریدا ڕۆیشتن،
ئاوبارەکانی نارد
بۆ هەموو دارەکانی دەشتودەر.
٥ لەبەر ئەوە لە هەموو دارەکانی دەشتودەر
باڵای بەرزتر بوو،
لەبەر زۆری ئاو چڵەکانی زۆر بوون و
لقەکانی درێژ بوون،
چرۆیان کرد.
٦ هەموو باڵندەکانی ئاسمان
لەناو چڵەکانی هێلانەیان کرد،
هەموو گیانلەبەرانی دەشتودەر
لەژێر لقەکانی زاوزێیان کرد،
لەژێر سێبەرەکەیدا
نەتەوە گەورەکان نیشتەجێ بوون.
٧ بە چڵە درێژەکانی
لە جوانیدا بێ وێنە بوو،

[a] ١٨ مەبەستی لە بارگرانییە.

[b] ٢٠ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە بیست و نۆی مانگی چواری ساڵی ٥٨٧ی پێش زایین.

[c] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە بیست و یەکی مانگی شەشی ساڵی ٥٨٧ی پێش زایین.

چونکە ڕەگەکەی
لەسەر ئاوێکی زۆر بوو.
٨ دار ئورزی باخچەی خودا
پێی نەدەگەیشتەوە،
دار سنەوبەر لەگەڵ چڵەکانی بەراورد نەدەکرا،
چنار وەك لقەکانی ئەو نەبوو.
هیچ دارێکی باخچەی خودا
لە جوانیدا لەو نەدەچوون.
٩ بە زۆری لقەکانی جوانم کرد،
هەتا هەموو دارەکانی عەدەن،
ئەوانەی لە باخچەی خودان
بەغیلییان پێی دەبرد.

١٠ «”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە
دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی دار ئورزەکە باڵای
بەرزبووەوە، لووتکەی گەیشتە هەورەکان، بە
بەرزییەکەی دڵی لەخۆبایی بوو، ١١ دامە دەست
ڕابەری نەتەوەکان، بەگوێرەی خراپەکانی
هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. من دەرمکرد و
١٢ بێگانەکان کە دڕندەترینی نەتەوەکانن، بڕییانەوە
و بەجێیان هێشت. چڵەکانی لەسەر چیاکان و لە
هەموو دۆڵێك کەوتن، لقەکانیشی لەلای هەموو
شیوەکانی خاکەکە شکێنرابوون. هەموو گەلانی
زەوی لەژێر سێبەرەکەی لاچوون و بەجێیان
هێشت. ١٣ هەموو باڵندەکانی ئاسمان لەسەر قەدە
کەوتووەکەی نیشتنەوە و هەموو گیانلەبەرانی
دەشتودەر لەنێو لقەکانی بوون. ١٤ لەبەر ئەوە نابێت
هیچ دارێکی دیکە کەوا لە کەناری ئاوە هەرگیز
بە لووتبەرزییەوە بەرز بێتەوە، لووتکەی بگاتە
هەور، هیچ دارێکی دیکەی تێر ئاو باڵای ناگاتە ئەو
بەرزییە. بەڵکو چارەنووسی هەموویان مردنە، لەنێو
ئادەمیزادان دەخرێنە ژێر زەوی، لەگەڵ ئەوانەی
دەچنە نێو جیهانی مردووان.
١٥ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەو
ڕۆژەی دار ئورزەکە کەوتە نێو جیهانی مردووان،
من سەرچاوەی ئاوەکانی ژێر زەویم بە خەم
داپۆشی. جۆگەکانیم گرتەوە، ئاوە زۆرەکان بڕان. بۆ
ئەو لوبنانم بە بەرگی ماتەم پۆشی، لەبەر ئەویش
هەموو دارەکانی دەشتودەر سیس بوون. ١٦ کاتێك
لە گۆڕم نا لەگەڵ ئەوانەی دەچنە نێو جیهانی
مردووان، لە دەنگی کەوتنی ئەو نەتەوەکانم
ڕاچڵەکاند، جا هەموو دارەکانی عەدەن، هەڵبژێردراو
و هەرەباشەکانی لوبنان، هەموو دارێکی تێر ئاو، لە
دنیای خوارەوە دڵنەوایی کران. ١٧ هەروەها ئەوانەی
کە لە سایەیدا دەژیان، واتە هاوپەیمانەکانی لەنێو
نەتەوەکان، لەگەڵیدا شۆڕبوونەوە ناو جیهانی
مردووان و چوونە پاڵ کوژراوان بە شمشێر.
١٨ «”کام داری عەدەن لە شکۆمەندی و گەورەیی
بە تۆ بەراورد دەکرێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ
دارەکانی عەدەن دەکەویتە قووڵایی زەوی و لەنێو
خەتەنە نەکراو و کوژراوان بە شمشێر ڕادەکشێیت.
«”ئەمە فیرعەون و هەموو ئاپۆرەی سوپاکەیەتی.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“»

## شیوەنێك بۆ فیرعەون

٣٢ لە یەکی مانگی دوازدەی ساڵی دوازدەمین[a]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢ «ئەی کوڕی مرۆڤ، شیوەنێك بۆ فیرعەونی پاشای
میسر بگێڕە و پێی بڵێ:

«”لە شێری نێو نەتەوەکان دەچیت،
تۆ وەك تیمساحی ناو ڕووبارە گەورەکەیت،
دڕ بە چەمەکانت دەدەیت،
بە پێیەکانت ئاوەکەت شڵەقاند و
چەمەکانی ئەوانت لێڵ کرد.

٣ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”تۆڕی خۆم بەسەرتدا هەڵدەدەم
لەگەڵ چەندین گەل،
ئەوان ڕاتدەکێشنە ناو تۆڕەکەم.
٤ لەسەر زەوی بەجێت دەهێڵم،

[a] ١ مەبەست لەو ماوەیە لەدوای ڕاپێچکردنی یەهۆیاکینی پاشای یەهودا بۆ بابل، کە بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە سێی مانگی سێی ساڵی ٥٨٥ی پێش زایین.

لەسەر ڕووی دەشتودەر فڕێتدەدەم،
هەموو باڵندەی ئاسمان لەسەرت دەنیشێنمەوە،
هەموو گیانلەبەرانی زەویت پێ تێر دەکەم.
٥ گۆشتت بەسەر چیاکاندا بڵاو دەکەمەوە و
دۆڵەکان لە کەلاکت پڕ دەکەم.
٦ خاک بە لافاوی خوێنت ئاودەدەم
هەتا چیاکان،
شیوەکانیش لە تۆ پڕ دەبن.
٧ کە تۆ دەکوژێنمەوە، ئاسمان دادەپۆشم،
ئەستێرەکانی تاریک دەکەم.
بە هەور خۆر دادەپۆشم و
مانگیش ڕووناکییەکەی نادرەوشێتەوە.
٨ هەموو ڕووناکییەکانی ئاسمانت
لێ تاریک دەکەم،
تاریکی بەسەر خاکەکەتدا دەهێنم.“»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
٩ «”گەلانێکی زۆر خەمبار دەکەم،
کاتێک لەنێو نەتەوەکان دەتشکێنم،
لەو خاکانەی ئاشنایان نەبوویت.
١٠ وا لە گەلانێکی زۆر دەکەم واقیان لێت
وڕبمێنێت،
لەبەر تۆ پاشاکانیان موچڕکەیان پێدا دێت،
کاتێک شمشێرەکەم لەبەردەمیان ڕادەوەشێنم.
لەو ڕۆژەی تۆ دەکەویت،
هەموو ساتێک دەلەرزن و لە گیانی خۆیان
دەترسن.

١١ «”چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«”شمشێری پاشای بابل
دێتە سەرت.
١٢ وا دەکەم بە شمشێری پاڵەوانان،
ئەوانەی دڕندەترینی هەموو نەتەوەکانن
ئاپۆرەی سوپاکەت بکەوێت.
جا شانازی میسر دەشکێنم،
هەموو ئاپۆرەی جەماوەرەکەی لەناودەچێت.
١٣ هەموو مەڕوماڵاتەکانی لەناودەبەم
لەلای ئاوە زۆرەکان،
لەمەودوا نە پێی مرۆڤ دەیشڵەقێنێت و
نە سمی گاوگۆتاڵ لێڵی دەکات.
١٤ ئینجا وا دەکەم ئاوەکەی ڕوون بێت و
جۆگەکانی وەک زەیت بڕۆن.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.
١٥ کاتێک خاکی میسر وێران دەکەم و
لە هەرچی تێیدایە چۆڵی دەکەم،
کاتێک لە هەموو دانیشتووانەکەی دەدەم،
ئینجا دەزانن کە من یەزدانم.“

١٦ «ئەمە شیوەنێکە دەیگێڕن، کچانی نەتەوەکان ئەم شیوەنە دەگێڕن، بۆ میسر و بۆ هەموو ئاپۆرەی گەلەکەی دەیگێڕن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

### شۆڕبوونەوەی میسر بۆ ناو جیهانی مردووان

١٧ پازدەی مانگی یەکی ساڵی دوازدەمین،[a]
فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ١٨ «ئەی
کوڕی مرۆڤ، واوەیلا بۆ ئاپۆرەی گەلی میسر بکە،
بۆ ئەو و کچانی نەتەوە گەورەکان، بیاننێرە بۆ دنیای
خوارەوە لەگەڵ ئەوانەی دەچنە نێو جیهانی مردووان.
١٩ پێیان بڵێ: ”ئایا ئێوە لەوان جوانترن؟ بڕۆن و
لەگەڵ خەتەنە نەکراوان ڕابکشێن.“ ٢٠ لە ناوەڕاستی
کوژراوان بە شمشێر دەکەون، شمشێرەکە ئامادەیە؛
میسر دەگرن و لەگەڵ هەموو ئاپۆرەی سوپاکەی
دەیبەن. ٢١ ڕابەرە پاڵەوانەکان لەناوەڕاستی جیهانی
مردووان سەبارەت بە میسر و هاوپەیمانەکانی
دەڵێن: ”ئەوانە هاتوون لەگەڵ خەتەنە نەکراوان
ڕابکشێن، لەگەڵ ئەوانەی بە شمشێر کوژراون.“
٢٢ «پاشای ئاشور و هەموو سوپاکەی لەوێ
کەوتوون، گۆڕەکانیان لەو چواردەورەن، هەموو
ئەوانەی بە شمشێر کوژراون. ٢٣ لە ژێرەوەی جیهانی
مردووان گۆڕی سوپاکە لە چواردەوری گۆڕی

[a] ١٧ بەپێی ساڵنامەی بابلی بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە بیست و حەوتی مانگی چواری ساڵی ٥٨٦ی پێش زایین.

پاشاکەیە، هەموو ئەوانەی ترسیان خستە خاکی زیندووان، بە شمشێر کوژراون.

[24]«پاشای ئیلام لەوێیە، گۆڕی هەموو سوپاکەی لە چواردەوری گۆڕەکەی ئەون. هەموویان کوژراون، بە شمشێر کەوتوون. هەموو ئەوانەی ترسیان خستە خاکی زیندووان بە خەتەنە نەکراوی چوونە دنیای خوارەوە، لەگەڵ ئەوانەی دەچنە نێو جیهانی مردووان ئابڕوویان چوو. [25]لەنێو کوژراوان جێگایەکیان پێیدا، گۆڕی هەموو سوپاکەی لە چواردەوری گۆڕەکەین. هەموویان بە خەتەنە نەکراوی بە شمشێر کوژراون. لەبەر ئەوەی ئەوان ترسیان خستبووە خاکی زیندووان، ئابڕوویان چوو لەگەڵ ئەوانەی دەچنە نێو جیهانی مردووان، لەنێو کوژراوان ڕاکشاون.

[26]«پاشای مەشەك و پاشای توبال لەوێن، هەموو سوپاکەیان لە دەوری گۆڕەکانیانن. لەبەر ئەوەی ئەوان ترسیان خستبووە خاکی زیندووان، هەموویان بە خەتەنە نەکراوی بە شمشێر کوژراون. [27]ئایا لەگەڵ پاڵەوانانی دیکەی خەتەنە نەکراو کە کوژراون پاڵناخرێن، ئەوانەی بە چەکە جەنگییەکانیانەوە لە گۆڕ نران، ئەوانەی شمشێرەکانیان لەژێر سەریان دانراوە؟ سزای تاوانەکانیان لەسەر ئێسکیان دەبێت، ئەوانەی لە خاکی زیندووان پاڵەوانەکانیان تۆقاندووە.

[28]«تۆش، ئەی فیرعەون، لەنێو خەتەنە نەکراوان دەشکێیت و ڕادەکشێیت، لەگەڵ ئەوانەی بە شمشێر کوژراون.

[29]«پاشای ئەدۆمیش لەگەڵ هەموو میرەکانی لەوێن، ئەوانەی وێڕای بەتواناییان لەگەڵ خەتەنە نەکراوان ڕادەکشێن، لەگەڵ ئەوانەی بە شمشێر کوژراون لە گۆڕ نران، دەچنە نێو جیهانی مردووان.

[30]«میرانی باکوور هەموویان و هەموو سەیدائییەکان لەوێن. هەرچەندە لە ڕابردوودا بە تواناکەیان خەڵکیان تۆقاندووە، بەڵام بە ئابڕووچوونەوە لەگەڵ کوژراوان ئەسپەردە کراون، بە خەتەنەنەکراوی لەگەڵ کوژراوان بە شمشێر ڕاکشان و ئابڕوویان چوو لەگەڵ ئەوانەی لە گۆڕ نران.

[31]«فیرعەون و هەموو سوپاکەی سەبووریيان دێتەوە، کاتێك هەموو ئەوانە دەبینن کە بە شمشێر کوژراون. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. [32]هەرچەندە ترسی ئەوم خستە خاکی زیندووان، بەڵام فیرعەون و هەموو سوپاکەی لەنێو خەتەنە نەکراوان ڕادەکشێن، لەگەڵ ئەوانەی بە شمشێر کوژراون. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## نوێکردنەوەی چاودێرییێتی حزقییێل

**٣٣** ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [2]«ئەی کوڕی مرۆڤ، قسە لەگەڵ هاونیشتیمانیانت بکە و پێیان بڵێ: ”ئەگەر شمشێر بۆ سەر خاکێك بهێنم و ئەگەر گەلی خاکەکە پیاوێك لەنێو خۆیان ببەن و بیکەن بە چاودێر، [3]کاتێك ببینێت شمشێرەکە بۆ سەر خاکەکە دێت، فوو بە کەڕەنادا دەکات و گەلەکە ئاگادار دەکاتەوە. [4]ئەگەر یەکێك گوێی لە دەنگی کەڕەناکە بوو و وریای خۆی نەبوو، ئینجا شمشێرەکە هات و ژیانی برد، خوێنی لە ئەستۆی خۆی دەبێت. [5]لەبەر ئەوەی گوێی لە دەنگی کەڕەناکە بوو و وریای خۆی نەبوو، خوێنی لە ئەستۆی خۆی دەبێت، ئەگەر وریای خۆی بووایە خۆی دەرباز دەکرد. [6]بەڵام ئەگەر چاودێرەکە ببینێت وا شمشێرەکە دێت، فووی بە کەڕەنادا نەکرد و گەلەکەی ئاگادار نەکردەوە، شمشێرەکەش هات و کەسێکی لەوان کوشت، ئەو کەسە بەهۆی تاوانەکانی کە کردوویەتی گیان دەسپێرێت، بەڵام من خوێنەکەی دەخەمە ئەستۆی چاودێرەکە.“

[7]«ئەی کوڕی مرۆڤ، من تۆم کرد بە چاودێر بەسەر بنەماڵەی ئیسرائیلەوە، لەبەر ئەوە گوێ لە فەرمایشتەکەم بگرە و بە ناوی منەوە ئاگاداریان بکەرەوە. [8]ئەگەر بە خراپەکار بفەرمووم: ”ئەی خراپەکار، سزاکەت مردنە!“ ئەگەر تۆ خراپەکارەکە ئاگادار نەکەیتەوە کە لە ڕەفتارەکەی بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو خراپەکارە بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت،

بەڵام خوێنەکەی دەخەمە ئەستۆی تۆ. [٩]ئەگەر هاتوو تۆ خراپەکارەکەت لە ڕەفتارەکەی ئاگادار کردەوە هەتا لێی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو لە ڕەفتارەکەی خۆی نەگەڕایەوە، ئەوا بە تاوانی خۆیەوە دەمرێت، بەڵام تۆ خۆت ڕزگار دەکەیت.

[١٠]«ئەی کوڕی مرۆڤ، قسە لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل بکە و بڵێ: ”ئێوە بەم جۆرە دەدوێن: ’یاخیبوون و گوناهەکانمان لەسەر خۆمانن و بەوانە لەناودەچین. ئیتر ئێمە چۆن بژین؟‘“ [١١]پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، من بە مردنی خراپەکار دڵخۆش نابم، بەڵکو بەوەی خراپەکار لە ڕەفتارەکەی بگەڕێتەوە و بژیێت. بگەڕێنەوە! لە ڕێگا خراپەکانتان بگەڕێنەوە! ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، بۆچی بمرن؟“

[١٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، لەبەر ئەوە بە هاونیشتیمانیانت بڵێ: ”ڕاستودروستی کەسی ڕاستودروست لە کاتی یاخیبوونی فریای ناکەوێت، خراپەکاریش لە کاتی گەڕانەوەی لە خراپەکەی، بەهۆی خراپەکەی لەناو ناچێت. کەسی ڕاستودروست لە کاتی گوناهەکەی ناتوانێت بە ڕاستودروستییەکەی بژیێت.“ [١٣]ئەگەر بە کەسی ڕاستودروستم فەرموو: ”بێگومان تۆ دەژیت،“ جا ئەگەر پشتی بە ڕاستودروستییەکەی بەست و خراپەی کرد، هەموو ڕاستودروستییەکەی لەیاد دەکرێت، بەڵکو خراپەکەی دەبێتە هۆی مردنی. [١٤]ئەگەر بە خراپەکارم فەرموو: ”سزاکەت مردنە!“ جا ئەگەر لە گوناهەکەی گەڕایەوە و بە ڕاستودروستی و دادپەروەری کاری کرد، [١٥]ئەگەر خراپەکارەکە بارمتە یان هەر شتێکی دزیوە گەڕاندییەوە و ڕێگای فەرزەکانی ژیانی گرتەبەر، بەبێ ئەوەی خراپە بکات، ئەوا بێگومان دەژیێت و نامرێت. [١٦]هەموو گوناهەکانی کە کردوویەتی لەیاد دەکرێن. بە ڕاستودروستی و دادپەروەری کاری کردووە، بێگومان دەژیێت.

[١٧]«هاونیشتیمانیانت دەڵێن: ”ڕێگای پەروەردگار ڕاست نییە.“ بەڵکو ئەوان ڕێگای خۆیان ڕاست نییە. [١٨]کاتێک کەسی ڕاستودروست لە ڕاستودروستییەکەی بگەڕێتەوە و خراپە بکات، ئەوا پێی دەمرێت. [١٩]کاتێکیش خراپەکار لە خراپەکەی بگەڕێتەوە و بە ڕاستودروستی و دادپەروەری کار بکات، ئەوا پێیان دەژیێت. [٢٠]ئێوەش دەڵێن: ”ڕێگای پەروەردگار ڕاست نییە!“ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، من هەریەکەتان بەپێی ڕێگاکانی خۆی حوکمی دەدەم.»

## هۆیەکانی ڕووخاندنی ئۆرشەلیم

[٢١]لە ساڵی دوازدەمینی ڕاپێچکردنمان، لە پێنجی مانگی دە،[a] لە ئۆرشەلیمەوە دەربازبوویەک بۆ لام هات و گوتی: «شارەکە لێی درا.» [٢٢]ئێوارەی پێش گەیشتنی دەربازبووەکە، ڕۆحی یەزدان هاتە سەرم، دەمی کردمەوە، جا کە بەیانی هات بۆ لام دەمم کرابووەوە و چیتر لاڵ نەبووم.

[٢٣]ئینجا فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [٢٤]«ئەی کوڕی مرۆڤ، دانیشتووانی کەلاوەکانی خاکی ئیسرائیل قسە دەکەن و دەڵێن: ”ئیبراهیم تەنها کەسێک بوو، بەڵام دەستی بەسەر خاکەکەدا گرت. ئێمە زۆرین و خاکەکە بە ئێمە دراوە کە دەستی بەسەردا بگرین.“ [٢٥]لەبەر ئەوە پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: گۆشت بە خوێنەوە دەخۆن، چاوتان بۆ بتەکانتان هەڵدەبڕن و خوێن دەڕێژن، ئایا دەست بەسەر خاکەکەدا دەگرن؟ [٢٦]پشت بە شمشێری خۆتان دەبەستن، شتی قێزەون دەکەن، هەریەکەتان بە ژنی کەسێکی دیکە گڵاو بوو. ئایا دەست بەسەر خاکەکەدا دەگرن؟“

[٢٧]«پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: بە گیانی خۆم، ئەوانەی لە کەلاوەکانن بە شمشێر دەکوژرێن، ئەوانەی لەسەر ڕووی دەشتودەرن دەیانکەمە خۆراکی گیانلەبەران، ئەوانەی لە قەڵا و لە ئەشکەوتەکانن بە دەرد دەمرن. [٢٨]خاکەکە دەکەم بە وێرانە و چۆڵەوانی، کۆتایی بە شانازی هێزی دێت، چیاکانی ئیسرائیل دەبن بە وێرانەی بێ ڕێبوار. [٢٩]جا دەزانن کە من یەزدانم،

[a] ٢١ دەکاتە هەشتی مانگی یەکی ساڵی ٥٨٥ی پێش زایین.

کاتێك خاکەکە دەکەم بە وێرانە و چۆڵەوانی، لەسەر
هەموو کارە قێزەونەکانیان کە کردوویانە.“
٣٠«ئەی کوڕی مرۆڤ، هاونیشتیمانیانت لەپاڵ
دیوارەکان و لە بەردەرگای ماڵەکان لەبارەی تۆوە
دەدوێن، هەریەکە لەگەڵ براکەی، بە یەکتر دەڵێن:
”وەرن با گوێ لەو قسەیە بگرین کە لەلایەن
یەزدانەوە هاتووە.“ ٣١هەروەك هەموو کات،
گەلەکەم بۆ لات دێن، لەبەردەمت دادەنیشن و گوێ
لە قسەکانت دەگرن، بەڵام کاری پێ ناکەن، چونکە
تەنها بە دەم پەرۆشی خۆیان بۆ خودا دەردەبڕن،
بەڵام بە دڵ بەدوای قازانجی ناڕەوایی خۆیان
کەوتوون. ٣٢لە ڕاستیدا تۆ بۆ ئەوان وەك کەسێکی
دەنگ خۆشیت کە باش مۆسیقا دەژەنێت و گۆرانی
خۆشەویستی دەڵێتەوە، جا گوێ لە قسەکانت دەگرن
و کاری پێ ناکەن.
٣٣«کەی ئەمە بە ئەنجام گەیشت، بێگومان
دەشگاتە ئەنجام، ئەو کاتە دەزانن کە پێغەمبەرێك
لەنێویان بوو.»

## یەزدان دەبێتە شوانی ئیسرائیل

٣٤ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
٢«ئەی کوڕی مرۆڤ، لەسەر شوانەکانی
ئیسرائیل پێشبینی بکە و پێیان بڵێ: ”یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: قوڕبەسەر شوانەکانی
ئیسرائیل، ئەوانەی هەر خەریکی خۆیانن، ئایا نابێت
شوانەکان مێگەل بلەوەڕێنن؟ ٣ئێوە چەورییەکەی
دەخۆن و خورییەکەی لەبەر دەکەن و کامەشیان
قەڵەوە سەری دەبڕن، بەڵام مێگەل نالەوەڕێنن.
٤لاوازتان بەهێز نەکرد، نەخۆشتان تیمار نەکرد،
شکاوتان نەگرتەوە، دەرکراوتان نەگەڕاندەوە و
بەدوای ونبوودا نەگەڕان، بەڵکو توندوتیژی خۆتان
بەسەریاندا سەپاند. ٥جا بەبێ شوان پەرتەوازە بوون
و بە پەرتەوازەیی بە نێچیری هەموو ئاژەڵێکی کێوی
بوون. ٦مێگەلی من بەسەر هەموو چیا و گردێکی
بەرزدا وێڵ بوون، بەسەر هەموو ڕووی زەویدا
پەرتەوازە بوون و کەسیش نەبوو لێیان بپرسێت و
بەدوایاندا بگەڕێت.
٧«”لەبەر ئەوە ئەی شوانەکان، گوێ لە فەرمایشتی
یەزدان بگرن: ٨یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە
گیانی خۆم، لەبەر ئەوەی مێگەلی من بەبێ شوان
بوو بە تاڵانی، هەتا بێتە نێچیری هەموو ئاژەڵێکی
کێوی، هەروەها شوانەکانم لە مێگەلی منیان
نەپرسی، هەر خەریکی خۆیان بوون و مێگەلی
منیان نەلەوەڕاند، ٩ئەی شوانەکان لەبەر ئەوە گوێ
لە فەرمایشتی یەزدان بگرن: ١٠یەزدانی باڵادەست
ئەمە دەفەرموێت: من لە دژی شوانەکانم و داوای
مێگەلی خۆم لە دەستیان دەکەم، لە لەوەڕاندنی
مێگەلەکەم ڕایاندەگرم، لەمەودوا شوانەکان خەریکی
خۆیان نابن، فریای مێگەلی خۆم دەکەوم لەناو
دەمیان، ئیتر نابێت بە خۆراکیان.
١١«”چونکە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
من بەدوای مێگەلی خۆمدا دەگەڕێم و بەسەریان
دەکەمەوە، ١٢وەك چۆن شوان مێگەلە پەرتەوازەکەی
خۆی بەسەردەکاتەوە کاتێك لەنێویان دەبێت،
ئاوا منیش مێگەلی خۆم بەسەردەکەمەوە و
فریایان دەکەوم لە هەموو ئەو شوێنانەی کە
لە ڕۆژی تەمومژدا بۆی پەرتەوازە بوون. ١٣لەنێو
گەلان دەریاندەهێنم و لە خاکەکان کۆیان
دەکەمەوە، دەیانهێنمەوە خاکی خۆیان، لەسەر
چیاکانی ئیسرائیل و لە شیوەکان و لەناو هەموو
ئاوەدانییەکانی خاکەکە دەیانلەوەڕێنم. ١٤لە
لەوەڕگایەکی چاك دەیانلەوەڕێنم و پاوەنیان لە
چیای بەرزی ئیسرائیل دەبێت و لەوێ لە پاوەنە
باشەکان کاوێژ دەکەن، لە لەوەڕگا بەپیتەکان لەسەر
چیاکانی ئیسرائیل دەلەوەڕێن. ١٥من مەڕی خۆم
دەلەوەڕێنم هەتا کاوێژ دەکەن، یەزدانی باڵادەست
دەفەرموێت، ١٦بەدوای ونبوودا دەگەڕێم، دەرکراو
دەگەڕێنمەوە، شکاو دەگرمەوە، نەخۆش بەهێز
دەکەم، قەڵەو و بەهێز لەناودەبەم و بە دادپەروەری
شوانەتییان دەکەم.
١٧«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئێوەش

ئەی مێگەلەکەم، سەیر بکەن، من لەنێوان مەڕێك
و مەڕێکی دیکە دادوەری دەکەم، لەنێوان بەران و
نێرییەکان. [١٨]ئایا بەس نییە بەلاتانەوە لە لەوەڕگای
باش بلەوەڕێن، لەوەڕگاکانی دیکەش بە پێ
دەپەستنەوە؟ ئایا بەس نییە کە لە ئاوە سازگارەکان
بخۆنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە پێتان دەیشڵەقێنن
[١٩]هەتا مێگەلی من لە پێپەستی ئێوە بخوات و لە
ئاوی شڵەقاوی پێیەکانتان بخواتەوە؟
[٢٠]«”لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمەیان پێ
دەفەرموێت: من لەنێوان مەڕی قەڵەو و مەڕی لاواز
دادوەری دەکەم. [٢١]لەبەر ئەوەی ئێوە هەموو مەڕە
لاوازەکان بە کەلەکەتان بەلاوە دەنێن و بە شانیشتان
پاڵیان پێوە دەنێن و بە قۆچتان لێیان دەدەن هەتا
دووریان بخەنەوە و پەرتەوازەیان بکەن، [٢٢]من
فریای مێگەلی خۆم دەکەوم و لەمەودوا نابێت
بە تاڵانی، دادوەریش لەنێوان مەڕێك و مەڕێکی
دیکەدا دەکەم. [٢٣]یەك شوانی بۆ دادەنێم، کە داودی
بەندەمە، ئەو دەیلەوەڕێنێت و ئەو دەبێت بە
شوانی. [٢٤]من یەزدانم دەبم بە خودایان و داودی
بەندەشم لەنێویاندا دەبێت بە سەرۆك، من یەزدانم،
ئەوەم فەرموو.
[٢٥]«”پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ دەبەستم و ئاژەڵە
دڕندەکان لە خاکەکە دادەماڵم، جا بە ئاسوودەیی
لە چۆڵەوانی نیشتەجێ دەبن و لەناو دارستانەکان
دەنوون. [٢٦]ئەوان و دەوروبەری گردەکەم بەرەکەتدار
دەکەم و لە کاتی خۆیدا بارانیان بەسەردا دەبارێنم و
بارانی بەرەکەت دەبێت. [٢٧]درەختی دەشتودەر بەری
خۆی دەدات، زەویش بەروبوومی خۆی دەدات
و لە خاکەکەیان ئاسوودە دەبن. کاتێك بەندی
نیرەکەیان دەشکێنم و لە دەستی ئەوانە ڕزگاریان
دەکەم کە کردبوونیان بە کۆیلە، ئەو کاتە دەزانن کە
من یەزدانم. [٢٨]لەمەودوا نابن بە تاڵانی نەتەوەکان
و گیانلەبەرەکانی خاکەکە نایانخۆن، بەڵکو بە
ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبن و کەس نایانترسێنێت.
[٢٩]نەمامێکیان بۆ دەڕوێنم بۆ ناوبانگ، لەمەودوا لە
خاکەکەدا نابنە نێچیری قاتوقڕی و چیتر نابنە مایەی
تانە و تەشەری نەتەوەکان. [٣٠]ئیتر ئەوان دەزانن کە
من یەزدانی پەروەردگاریانم و لەگەڵیاندام، بنەماڵەی
ئیسرائیلیش گەلی منن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
باڵادەستە. [٣١]ئێوەش ئەی مەڕەکانم، مەڕەکانی
لەوەڕگاکەم، ئێوە مرۆڤن و من خودای ئێوەم. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.“»

## فەرمایشتێك سەبارەت بە ئەدۆم

٣٥ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم:
[٢]«ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووت لە کێوی سێعیر
بکە و پێشبینی لەسەر بکە و [٣]پێی بڵێ: ”یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی کێوی سێعیر، من
لە دژی تۆم و دەستم درێژ دەکەم بۆ سەرت، چۆڵ و
وێرانت دەکەم. [٤]شارۆچکەکانت کاول دەکەم، تۆش
چۆڵ دەبیت، ئیتر تۆ دەزانیت کە من یەزدانم.
[٥]«”چونکە لەمێژە دوژمنایەتیت لە دڵە و لە کاتی
تەنگانەی ئیسرائیلییەکان کە سزادانیان گەیشتبووە
لووتکە، بە ناپاکی ئەوانت دایە دەست شمشێر،
[٦]لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت: بە
گیانی خۆم، من ئامادەت دەکەم خوێنت بڕژێت،
خوێنڕشتن ڕاوت دەنێت، چونکە ڕقت لە خوێنڕشتن
نەبوو، لەبەر ئەوە خوێنڕشتن ڕاوت دەنێت. [٧]کێوی
سێعیر دەکەم بە وێرانە و چۆڵەوانی، هاتوچۆی تێدا
ڕیشەکێش دەکەم. [٨]چیاکانت لە کوژراو پڕ دەکەم،
گرد و دۆڵ و هەموو شیوەکانت کوژراوی بە شمشێر
تێیدا دەکەون. [٩]دەتکەمە وێرانەی هەتاهەتایی و
شارۆچکەکانت ئاوەدان نابن، ئیتر ئێوە دەزانن کە
من یەزدانم.
[١٠]«”لەبەر ئەوەی گوتت، ’ئەم دوو نەتەوەیە
و ئەم دوو خاکە بۆ من دەبن و ئێمە داگیریان
دەکەین، ئەگەر یەزدانیش لەوێ بێت‘، [١١]یەزدانی
باڵادەست دەفەرموێت: لەبەر ئەوە بە گیانی خۆم،
لەسەر تووڕەیی و بەغیلییەکەت سزات دەدەم،
ڕەفتارت لەگەڵ دەکەم هەروەك چۆن تۆ بە قینەوە
ڕەفتارت لەگەڵ ئەواندا کرد، خۆمیان پێ دەناسێنم
کاتێك حوکمت دەدەم. [١٢]جا دەزانیت کە من یەزدانم

و گوێم لە هەموو قسە سووکەکانت بوو، کە لە دژی چیاکانی ئیسرائیل کردت، کە گوتت: ’وێران کران و پێمان دران ببن بە خۆراکمان.‘ ١٣ بە دەمتان خۆتان بەسەر مندا گەورە کرد و قسەی زۆرتان لە دژی من کرد، من گوێم لێبوو. ١٤ یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: کاتێک هەموو زەوی دڵخۆشە، من وێرانت دەکەم. ١٥ وەک چۆن تۆ دڵخۆش بوویت بە میراتەکەی بنەماڵەی ئیسرائیل چونکە بوو بە وێرانە، بە هەمان شێوەت پێ دەکەم. ئەی کێوی سێعیر، وێران دەبیت، تۆ و سەراپا هەموو ئەدۆم، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.”»

## ئاوات بۆ چیاکانی ئیسرائیل

٣٦ «ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بۆ چیاکانی ئیسرائیل بکە و بڵێ: ”هۆ چیاکانی ئیسرائیل گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن، ٢ یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: دوژمن سەبارەت بە ئێوە گوتی: ’هۆیها! نزرگەی بەرزاییە دێرینەکان بوونە موڵکی ئێمە.‘” ٣ لەبەر ئەوە پێشبینی بکە و بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی لە هەموو لایەکەوە وێرانیان کردن و ڕاویان نان، هەتا ئێوە ببنە موڵکی پاشماوەی ئەو نەتەوانەی کە ماونەتەوە و لەسەر هەموو زمانێک بوون و خەڵک زەمی کردن، ٤ لەبەر ئەوە ئەی چیاکانی ئیسرائیل، گوێ لە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەست بگرن، یەزدانی باڵادەست قسە بۆ چیا و گردەکان، شیو و دۆڵەکان، کەلاوە چۆڵەکان و شارۆچکە بەجێماوەکان دەکات کە بوونە مایەی تاڵانی و سووکایەتی پێکردن لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە لە دەوروبەرتان ماونەتەوە. ٥ یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من لە ئاگری ئیرەیی خۆمدا، لە دژی پاشماوەی ئەو نەتەوانەی کە ماونەتەوە و لە دژی هەموو ئەدۆم قسەم کرد، چونکە بەوپەڕی خۆشی و قینی دڵیانەوە خاکەکەی منیان کردە موڵکی خۆیان بۆ تاڵانکردنی لەوەڕگاکانی.” ٦ لەبەر ئەوە پێشبینی لەسەر خاکی ئیسرائیل بکە و بە چیا و گردەکان، بە شیو و دۆڵەکان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من لە دڵگەرمی و لە تووڕەیی خۆمدا قسەم کرد، لەبەر ئەوەی کەوتنە بەر تانە و تەشەری نەتەوەکان. ٧ لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من خۆم سوێند دەخۆم کە ئەو نەتەوانەی کە لە دەوروبەرتانن خۆیان بکەونە بەر تانە و تەشەر.

٨ «”بەڵام ئەی چیاکانی ئیسرائیل، ئێوە لقەکانی خۆتان دەڕوێنن و بەروبوومی خۆتان بۆ ئیسرائیلی گەلم دەگرن، چونکە هاتنیان نزیکە. ٩ چونکە من بۆ ئێوەم و ئاوڕتان لێ دەدەمەوە، جا دەکێڵدرێن و دەچێنرێن و ١٠ خەڵکتان لەسەر زۆر دەکەم، هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل، جا شارۆچکەکان ئاوەدان دەکرێنەوە و کەلاوەکان بنیاد دەنرێنەوە. ١١ خەڵک و ئاژەڵتان لەسەر زۆر دەکەم، جا زۆر دەبن و بە بەروبووم دەبن و وەک دۆخی جارانتان خەڵکتان تێدا نیشتەجێ دەکەم، زیاتر لە پێشینانتان بۆتان باش دەبم، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم. ١٢ وا لە ئیسرائیلی گەلی خۆم دەکەم بەسەرتاندا بێن و بچن، جا دەتانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و دەبن بە میراتیان و چیتر ئێوە لە ڕۆڵەکانیان بێبەش ناکەن.

١٣ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەبەر ئەوەی بە ئێوە دەڵێن، ’ئێوە مرۆڤ دەخۆن و نەتەوەکەی خۆتان لە ڕۆڵەکانیان بێبەش دەکەن،‘ ١٤ لەبەر ئەوە چیتر ئێوە مرۆڤ ناخۆن و چیتر جەرگی نەتەوەکەی خۆتان ناسووتێنن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ١٥ وا دەکەم ئەو گاڵتەجاڕییەی کە نەتەوەکان پێتان دەکەن چیتر ئێوە نەیبیستن، هەروەها چیتر تانە و تەشەری گەلان هەڵناگرن و چیتر نابنە هۆی کەوتنی نەتەوەکەتان. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.”»

## بەڵێنی گەڕانەوە

١٦ هەروەها فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ١٧ «ئەی کوڕی مرۆڤ، کاتێک بنەماڵەی ئیسرائیل لە خاکی خۆیاندا نیشتەجێ بوون، بە ڕەفتار و کردەوەکانیان خۆیان گڵاوکرد. ڕەفتاریان

لەبەرچاوی من وەك خوێنلێچوونی مانگانەی ئافرەتێك بوو. [١٨]جا تووڕەیی خۆمم بەسەریاندا ڕژاند، لەبەر ئەو خوێنەی لەسەر خاکەکە ڕژاندیان و بە بتەکانیان گڵاویان کرد. [١٩]بەناو نەتەوەکاندا پەرتەوازەم کردن و بەناو خاکەکاندا بڵاو بوونەوە. بەگوێرەی ڕەفتار و کردەوەکانیان حوکمم دان. [٢٠]جا چوونە هەرکوێیەك لەنێو نەتەوەکان ناوی پیرۆزی منیان زڕاند، چونکە سەبارەت بەوان گوتراوە: ”ئا ئەمانەن گەلی یەزدان، کە لە خاکەکەی ئەوەوە دەرکراون.“ [٢١]جا من خەمی ناوی پیرۆزی خۆمم خوارد، ئەوەی کە بنەماڵەی ئیسرائیل زڕاندیان لەنێو ئەو نەتەوانەی کە بۆی چوون.

[٢٢]«لەبەر ئەوە بە بنەماڵەی ئیسرائیل بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، من لەبەر ئێوە ئەمە ناکەم، بەڵکو لەبەر ناوی پیرۆزی خۆم کە لەنێو نەتەوەکان بۆ هەرکوێیەك چوون زڕاندتان. [٢٣]جا پیرۆزی ناوی گەورەی خۆم دەردەخەم کە لەنێو نەتەوەکان زڕێنراوە، ئەوەی ئێوە لەناوەڕاستیان زڕاندتان، جا نەتەوەکان دەزانن کە من یەزدانم، کاتێك لەبەرچاویان لە ئێوەدا پیرۆزی خۆم دەردەخەم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

[٢٤]«”لەنێو نەتەوەکان دەتانبەم و لە هەموو خاکەکانەوە کۆتان دەکەمەوە و دەتانهێنمەوە خاکەکەتان. [٢٥]ئاوێکی پاکتان بەسەردا دەپرژێنم و لە هەموو گڵاوییەکانتان پاك دەبنەوە، لە هەموو بتەکانتان پاکتان دەکەمەوە، [٢٦]دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. [٢٧]ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە، واتان لێ دەکەم کە ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بەجێبهێنن و کاریان پێ بکەن. [٢٨]لەو خاکەدا نیشتەجێ دەبن کە بە باوباپیرانتانم دابوو، دەبن بە گەلی من، منیش دەبمە خودای ئێوە. [٢٩]لە هەموو گڵاوییەکانتان ڕزگارتان دەکەم. بانگی دانەوێڵە دەکەم، زۆری دەکەم و قاتوقڕی نانێرمە سەرتان. [٣٠]بەری دار و بەروبوومی کێڵگە زۆر دەکەم، بۆ ئەوەی لەمەودوا لەنێو نەتەوەکان بەهۆی قاتوقڕییەوە ئابڕووتان نەچێت. [٣١]ئەو کاتە ڕێگا خراپەکانی خۆتان و کردەوە ناپەسەندەکانی خۆتان دێتەوە یادتان، لەبەر تاوان و لەسەر نەریتە گڵاوەکانتان قێزتان لە خۆتان دەبێتەوە. [٣٢]با لەلاتان زانراو بێت، لەبەر ئێوە نایکەم. جا ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، لە ڕەفتارەکانتان شەرمەزار و ڕیسوا بن! ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

[٣٣]«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەو ڕۆژەی لە هەموو تاوانەکانتان پاکتان دەکەمەوە، لە شارۆچکەکان نیشتەجێتان دەکەم و کەلاوەکانت بنیاد دەنرێنەوە. [٣٤]خاکە وێرانەکە دەکێڵدرێت، لە جیاتی ئەوەی لەبەرچاوی هەموو ڕێبوارێك وێرانە بوو. [٣٥]جا دەڵێن: ’ئەم خاکە وێرانە وەك باخچەی عەدەنی لێ هاتووە، ئەو شارانەش کە کاول و چۆڵ و ڕووخێنراو بوون، ئێستا قەڵابەند و ئاوەدانن.‘ [٣٦]ئیتر ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەرتان ماونەتەوە دەزانن کە من یەزدانم، ڕووخاوەکەم بنیاد ناوە و چۆڵکراوەکەم چاندەوە. من یەزدانم، ئەوەم فەرموو، هەروەها بەجێی دەهێنم.“

[٣٧]«یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: دوای ئەمە لەلایەن بنەماڵەی ئیسرائیلەوە داوام لێ دەکرێت و منیش لە پێناوی ئەوان ئەنجامی دەدەم، وەك مەڕ خەڵکەکەیان زۆر دەکەم، [٣٨]وەك مێگەلی تەرخانکراو، وەك مێگەلی ئۆرشەلیم لە جەژنەکانی خۆیدا، شارە کاولەکان بە هەمان شێوە بە تەواوەتی ئاوەدان دەبن، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.»

## دۆڵی ئێسکە وشکەکان

٣٧ ڕۆحی یەزدان هاتە سەرم، جا یەزدان بە ڕۆحی خۆی منی هێنایە دەرەوە و لە ناوەڕاستی دۆڵێك داینام، ئەویش پڕ بوو لە ئێسك. [٢]منی بەناو ئێسکەکاندا برد، بینیم کە زۆر وشك بوون و لە زۆریشدا ڕووی دۆڵەکەیان داپۆشیبوو.

٣لەو کاتەدا لێی پرسیم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئایا ئەم ئێسکانە زیندوو دەبنەوە؟»

منیش گوتم: «ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆ دەزانیت.»

٤پێی فەرمووم: «پێشبینی لەسەر ئەم ئێسکانە بکە و پێیان بڵێ: ”ئەی ئێسکە وشکەکان، گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرن: ٥یەزدانی باڵادەست ئەمە بەم ئێسکانە دەفەرموێت: من گیانتان دەکەم بە بەردا و زیندوو دەبنەوە. ٦دەمارتان دەدەم بەسەردا، بە گۆشت داتاندەپۆشم، پێستتان بەسەردا هەڵدەکێشم، گیانتان بە بەردا دەکەم و زیندوو دەبنەوە، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم.“»

٧منیش چۆن فەرمانم پێ کرابوو بەم جۆرە پێشبینیم کرد. لە کاتی پێشبینیکردندا، گوێم لە دەنگێك بوو، لەناکاو خشەخشێك هات، ئێسکەکان لێك نزیکبوونەوە، هەر ئێسکە و بۆ لای ئێسکەکەی خۆی. ٨سەیرم کرد، ئەوەتا دەمار و گۆشت دایپۆشین و پێست لە سەرەوە بەسەریدا هەڵکێشرا، بەڵام هیچ گیانیان تێدا نەبوو.

٩ئینجا پێی فەرمووم: «پێشبینی بۆ ڕۆح بکە، ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی بکە و بە ڕۆح بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی ڕۆح، وەرە لە هەر چوار لاوە هەڵبکە، لەو لایانەی کە بای لێ هەڵدەکات، فوو بەناو ئەم کوژراوانەدا بکە هەتا زیندوو ببنەوە.“» ١٠منیش بەو جۆرەی فەرمانی پێ کردم پێشبینیم کرد، ڕۆحیان بە بەردا هات و زیندوو بوونەوە و هەستانە سەرپێ، لەشکرێکی زۆر گەورە بوون.

١١ئینجا پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەم ئێسکانە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلن، کە دەڵێن: ”ئێسکمان وشك بوو و ئومێدمان نەما و بڕاینەوە.“ ١٢لەبەر ئەوە پێشبینی بکە و پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی گەلەکەم، من گۆڕەکانتان دەکەمەوە و لە گۆڕەکانتان دەرتاندەهێنم، دەتانهێنمە خاکی ئیسرائیل. ١٣ئەی گەلەکەم، ئەو کاتە ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، کاتێك گۆڕەکانتان دەکەمەوە و ئێوە لە گۆڕەکانتان دەردەهێنم. ١٤ڕۆحی خۆم دەکەم بە بەرتاندا و زیندوو دەبنەوە و لە خاکی خۆتان داتاندەنێم، ئیتر ئێوە دەزانن کە من یەزدانم، ئەوەم فەرموو، هەروەها بەجێی دەهێنم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.“»

## یەك گەل لە سایەی یەك پاشادا

١٥فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: ١٦«ئەی کوڕی مرۆڤ، داردەستێك ببە و لەسەری بنووسە: ”داردەستی یەهودا و نەوەکانی ئیسرائیل و ئەوانەی کە لەگەڵیدا یەکیانگرتووە.“ هەروەها داردەستێکی دیکەش ببە و لەسەری بنووسە: ”بۆ یوسف، واتە داردەستی ئەفرایم و هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل کە لەگەڵیدا یەکیانگرتووە.“ ١٧بۆ ئەوەی لەناو دەستت ببن بە یەك، لێکیان نزیك بکەوە وەك ئەوەی یەك داردەست بن.

١٨«کاتێك هاونیشتیمانیانت لێت دەپرسن: ”پێمان ناڵێیت مەبەستت چییە لەمە؟“ ١٩پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من داردەستەکەی یوسف و هۆزەکانی ئیسرائیل کە لەگەڵ ئەودا یەکیانگرتووە، کە ئێستا لە دەستی ئەفرایمە، دەبەم و داردەستەکەی یەهوداش دەخەمە پاڵی و دەیانکەمە یەك، جا لە دەستمدا دەبنە یەك داردەست.“ ٢٠ئەو دوو داردەستەی کە لەسەریانت نووسیوە لەبەرچاوی ئەوان هەڵبگرە. ٢١پێیان بڵێ: ”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: من نەوەی ئیسرائیل دەردەهێنم لەناو هەموو ئەو نەتەوانەی بۆ ناویان چوون. لە هەموو لایەکەوە کۆیان دەکەمەوە، دەیانهێنمەوە خاکەکەی خۆیان. ٢٢لەناو خاکەکە لەسەر چیاکانی ئیسرائیل دەیانکەمە یەك گەل. تەنها یەك پاشا پاشایەتی بەسەر هەموویانەوە دەکات، چیتر نابنە دوو گەل و دابەش نابن بۆ دوو پاشایەتی. ٢٣لەمەودوا بە بتەکانیان و بە وێنە قێزەونەکانیان و بە هیچ یاخیبوونێکیان گڵاو نابن، چونکە من لە هەموو گوناهەکانیان و هەڵگەڕانەوەکانیان ڕزگاریان

دەکەم و پاکیان دەکەمەوە. ئیتر ئەوان دەبن بە گەلی من، منیش دەبم بە خودای ئەوان.

[٢٤] «"داودی بەندەشم دەبێتە پاشایان، بە هەموویان یەك شوانیان دەبێت، ئەوانیش ڕێگای حوکمەکانم پەیڕەو دەکەن و فەرزەکانم بەجێدەهێنن و کاریان پێ دەکەن. [٢٥] لەو خاکەدا نیشتەجێ دەبن کە دامە یاقوبی بەندەم، ئەوەی باوباپیرانتان تێیدا نیشتەجێ بوون. جا خۆیان و منداڵ و نەوەکانیان بۆ هەتاهەتایە تێیدا نیشتەجێ دەبن، داودی بەندەشم بۆ هەتاهەتایە دەبێتە میریان. [٢٦] پەیمانی ئاشتییان لەگەڵ دەبەستم کە بۆیان دەبێتە پەیمانێکی هەتاهەتایی. جێگیریان دەکەم و ژمارەیان زۆر دەکەم، بۆ هەتاهەتایە پیرۆزگای خۆم لەناوەڕاستیان دادەنێم. [٢٧] نشینگەکەم لەناویان دەبێت، من دەبم بە خودای ئەوان، ئەوانیش دەبن بە گەلی من. [٢٨] جا نەتەوەکان دەزانن کە من یەزدانی پیرۆزکەری ئیسرائیلم، کە پیرۆزگاکەم بۆ هەتاهەتایە لەناوەڕاستیاندا دەبێت."»

## فەرمایشتێك سەبارەت بە گۆگ

٣٨ فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات، پێی فەرمووم: [٢] «ئەی کوڕی مرۆڤ، ڕووی خۆت لە گۆگ بکە لە خاکی ماگۆگ، ئەو کە سەرۆکی میرانی مەشەك و توبالە، پێشبینی لەسەر بکە و [٣] بڵێ: "یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی گۆگی سەرۆکی میرانی مەشەك و توبال، من لە دژی تۆم. [٤] ڕووت وەردەگێڕم و ئەڵقە دەکەمە شەویلگەت و خۆت و هەموو سوپاکەت دەردەکەم، بە ئەسپ و ئەسپ سوارەوە، هەموویان چەکدارن، ئاپۆرەیەکی مەزن بە قەڵغانی گەورە و بچووکەوە، هەموو شمشێر بەدەستن. [٥] فارس و کوش و پووت، هەریەکە بە قەڵغان و کڵاوی ئاسنینەوە لەگەڵیان دەبن. [٦] هەروەها گۆمەر و هەموو لەشکرەکانی، بێتتۆگەرماش لەوپەڕی باکوور بە هەموو لەشکرەکەیەوە، گەلانێکی زۆر لەگەڵ تۆدا دەبن.

[٧] «"لە سەرپێ بە و خۆت ئامادە بکە، تۆ و هەموو ئاپۆرەی سوپاکەت کە لێت کۆبوونەتەوە، ببە سوپاسالاریان. [٨] لەدوای ڕۆژانێکی زۆر بۆ جەنگ بانگ دەکرێیت، لەساڵانی داهاتوودا هێرش دەبەیتە سەر ئەو خاکەی کە لەدوای جەنگ ئاوەدان بووەتەوە، خاکێك کە گەلەکەی لە چەند نەتەوەیەکی زۆر کۆکرانەوە، بۆ ئەوەی هەموو بە ئارامی لە چیاکانی ئیسرائیلدا نیشتەجێ بن، کە ماوەیەکی دوورودرێژ وێرانە بوون. [٩] تۆش خۆت و لەشکرەکانت و گەلانێکی زۆر کە لەگەڵ تۆن سەردەکەون، وەك گەردەلوول بەرەو پێش دەچیت، دێیت و وەك هەورێك زەوی دادەپۆشیت.

[١٠] «"یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەو ڕۆژەدا شتی خراپ بەبیرتدا دێت و پیلان دەگێڕیت. [١١] دەڵێیت: 'دەچمە سەر خاکێك کە گوندەکانی بێ شووران؛ هێرش بۆ سەر خەڵکێکی ئاشتیخواز و ئاسوودە دەبەم، هەموو بەبێ شوورا نیشتەجێن، نە دەروازە و نە شمشێرەیان[a] هەیە. [١٢] تاڵانی و ڕاووڕووت دەکەم، دەستدرێژی دەکەمە سەر شارە کاولە ئاوەدانکراوەکان و ئەو گەلەی کە لەنێو نەتەوەکانەوە کۆکراونەتەوە، کە لە چەقی خاکەکەدا نیشتەجێن، کە خاوەن ئاژەڵ و سەروەت و سامانن.' [١٣] شەبا و دیدان و بازرگانەکانی تەرشیش و هەموو بەچکە شێرەکانی پێت دەڵێن: 'ئایا بۆ ڕاووڕووت و تاڵانی هاتوویت؟ ئایا ئاپۆرەی سوپاکەتت کۆکردەوە بۆ بردنی زێڕ و زیو، بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئاژەڵ و کەلوپەلدا بگریت، بۆ ڕاووڕووتێکی گەورە؟'"

[١٤] «ئەی کوڕی مرۆڤ، لەبەر ئەوە پێشبینی بکە و بە گۆگ بڵێ: "یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لەو ڕۆژەدا، کاتێك ئیسرائیلی گەلم بە ئاسوودەیی نیشتەجێن، ئایا ئاگات لێ نییە؟ [١٥] لە شوێنی خۆتەوە لەوپەڕی باکوورەوە دێیت، گەلانێکی زۆرت لەگەڵە، هەموو ئەسپ سوارن، ئاپۆرەیەکی خەڵك و لەشکرێکی زۆر. [١٦] وەك هەورێك زەوی داپۆشێت، سەردەکەویتە سەر ئیسرائیلی گەلم. ئەی گۆگ، لە

[a] ١١ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

ڕۆژانی داهاتوودا، دەتهێنمە سەر خاکەکەم هەتا نەتەوەکان بمناسن، کاتێك لەبەرچاویان لە ڕێگەی تۆوە پیرۆزی خۆم دەردەخەم!

١٧«"یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئایا تۆ ئەوەی کە لە ڕۆژگاری کۆندا لەسەر زمانی بەندەکانم، پێغەمبەرانی ئیسرائیلەوە باسم کردیت؟ ئەوانەی لەو ڕۆژگارانەدا بۆ ساڵانێك پێشبینییان کرد، کە من تۆ دەهێنمە سەریان. ١٨لەو ڕۆژەدا، لە ڕۆژی هاتنی گۆگ بۆ سەر خاکی ئیسرائیل، تووڕەییم دێتە جۆش. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ١٩لە ئیرەیی خۆم و لە ئاگری تووڕەییمدا، قسەم کرد کە لەو ڕۆژەدا بوومەلەرزەیێکی گەورە لە خاکی ئیسرائیلدا دەبێت. ٢٠جا ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و گیانلەبەرانی دەشتودەر و خشۆکەکان کە لەسەر زەوی دەخشێن و هەموو ئەو خەڵکەی لەسەر ڕووی زەوین لەبەردەمی من دەلەرزن. چیاکان سەرەوژێر دەکرێن، هەڵدێرەکان دەڕووخێن، هەموو شووراکان دەکەونە سەر زەوی. ٢١لە هەموو چیاکانم بانگی شمشێر دەکەم بۆ سەر گۆگ، جا شمشێری هەریەکەیان لە دژی براکەی دەبێت. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ٢٢بە دەرد و خوێن سزای دەدەم، بارانی بە لێشاو و تەرزەی بەردین و ئاگر و گۆگرد دەبارێنم، بەسەر خۆی و لەشکرەکەی و ئەو گەلە زۆرەی کە لەگەڵیدان. ٢٣بەم شێوەیە گەورەیی و پیرۆزیم دەردەخەم، لەلای زۆربەی نەتەوەکان خۆم دەناسێنم، ئەو کاتە دەزانن کە من یەزدانم."

٣٩ «ئێستاش ئەی کوڕی مرۆڤ، پێشبینی لەسەر گۆگ بکە و بڵێ: "یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی گۆگی سەرۆکی میرانی مەشەك و توبال، من لە دژی تۆم. ٢ئاراستەت وەردەگێڕم و دەتبەم. لەوپەڕی باکوورەوە سەرت دەخەم و دەتهێنمە چیاکانی ئیسرائیل. ٣ئینجا لە کەوانەکەت دەدەم کە لە دەستی چەپتە، تیرەکانت لە دەستی ڕاستت بەردەدەمەوە. ٤خۆت و هەموو سوپاکەت و ئەو گەلانەی لەگەڵتدان لەسەر چیاکانی ئیسرائیل دەکوژرێن، دەتکەمە خۆراکی هەموو جۆرە باڵندەیەکی گۆشتخۆر و گیانلەبەرانی دەشتودەر. ٥لەسەر ڕووی دەشتودەر دەکەویت، چونکە من قسەم کرد. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ٦ئاگر دەنێرمە سەر ماگۆگ و سەر ئەوانەی بە ئاسوودەیی لە کەنارەکان نیشتەجێن، ئیتر ئەوان دەزانن کە من یەزدانم.

٧«"ناوی پیرۆزیشم لەنێو ئیسرائیلی گەلم دەناسێنم، چیتر ناهێڵم ناوی پیرۆزم بزڕێنرێت، جا نەتەوەکان دەزانن کە من یەزدانم، خودا پیرۆزەکەی ئیسرائیلم. ٨دێت و بەڕێوەیە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە باسم کرد. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

٩«"دانیشتووانی شارۆچکەکانی ئیسرائیل دەردەچن، چەك دەسووتێنن و ئاگریان تێبەر دەدەن: قەڵغانی گەورە و بچووك، کەوان و تیر، کوتەك و ڕم. حەوت ساڵ بۆ سووتەمەنی بەکاریاندەهێنن. ١٠نە چیلکەیەك لە دەشتودەر کۆدەکەنەوە و نە لە دارستانەکان دار دەبڕن، چونکە چەك بۆ سووتەمەنی بەکاردەهێنن. ئەوانە تاڵان دەکەن کە تاڵانیان کردن و دەستکەوتی ئەوانە دەبەن کە دەستکەوتیان بردن. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

١١«"لەو ڕۆژەدا شوێنێك دەکەمە گۆڕ بۆ گۆگ لە ئیسرائیل، لە دۆڵی عەڤاریم[a] لە ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو[b]. دەبێتە ڕێگرێك لەسەر ڕێگای ڕێبواران، گۆگ و هەموو ئاپۆرەی سوپاکەی لەوێ دەنێژن. لەبەر ئەوە ناوی لێ دەنێن دۆڵی ئاپۆرەی گۆگ.

١٢«"بنەماڵەی ئیسرائیل حەوت مانگ لە گۆڕیان دەنێن، هەتا خاکەکە پاك بکەنەوە. ١٣هەموو گەلی خاکەکە خەریکی لەگۆڕنان دەبن، ئەو ڕۆژەش کە من شکۆدار دەکرێم لەبیریان ناچێتەوە. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

١٤«"هەندێك پیاو هەڵدەبژێرن کە بە بەردەوامی بە خاکەکەدا تێبپەڕن، بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی کە مردووەکان دەنێژن، هەتا ئەوانەی کە لەسەر

---

[a] ١١ واتە ڕێبواران.

[b] ١١ دەریای مردوو: عیبری دەریا.

ڕووی زەوییەکە کوژراون و ماونەتەوە لە گۆڕیان بنێن بۆ پاککردنەوەی خاکەکە. دوای تەواوبوونی حەوت مانگەکە دەست بە پشکنین دەکەن. ١٥کاتێك بە خاکەکەدا تێدەپەڕن، ئەگەر یەکێك ئێسکێکی مرۆڤی بینی نیشانەیەکی لەتەنیشت دادەنێت، هەتا گۆڕهەڵکەنەکان لە دۆڵی ئاپۆرەی گۆگ لە گۆڕی بنێن، ١٦نزیکی شارۆچکەیەك لەوێیە کە ناوی هەمۆنایە[a]. بەم شێوە خاکەکە پاك دەکەنەوە.“

١٧«ئەی کوڕی مرۆڤ، یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: تۆ بە هەموو باڵدارێك و هەموو گیانلەبەرێکی دەشتودەر بڵێ: ”کۆببنەوە و وەرن، لە هەموو لایەکەوە لە قوربانییەکەم خڕبنەوە، ئەوەی من لەسەر چیاکانی ئیسرائیل بۆ ئێوەم سەربڕیوە، قوربانییەکی گەورەیە، هەتا گۆشت بخۆن و خوێن بخۆنەوە. ١٨گۆشتی پاڵەوانەکان دەخۆن و خوێنی میرانی زەوی دەخۆنەوە، بەران و بەرخ و نێری و گا، هەموو لە دابەستەکانی باشانن. ١٩پیو[b] دەخۆن هەتا تێر دەبن و خوێن دەخۆنەوە هەتا سەرخۆش دەبن لەو قوربانییەی بۆ ئێوەم سەربڕیوە. ٢٠جا ئێوە لەسەر خوانەکەم لە گۆشتی ئەسپ و سوار و پاڵەوانەکان و هەموو جۆرێکی جەنگاوەران تێر دەبن.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

٢١«شکۆمەندی خۆم لەنێو نەتەوەکان پیشان دەدەم، هەموو نەتەوەکان حوکمەکەم دەبینن کە جێبەجێم کرد و کە دەستم خستە سەریان. ٢٢جا لەو ڕۆژە بەدواوە بنەماڵەی ئیسرائیل دەزانن کە من یەزدانم و خودای ئەوانم. ٢٣هەموو نەتەوەکانیش دەزانن کە بنەماڵەی ئیسرائیل لەبەر تاوانی خۆیان بە دیل گیران و ڕاپێچ کران، چونکە ناپاکییان لەگەڵ کردم. منیش ڕووی خۆمم لێیان وەرگێڕا و ئەوانم دایە دەست دوژمنەکانیانەوە، هەموو بە شمشێر کوژران. ٢٤بەگوێرەی گڵاوی و یاخیبوونەکانی خۆیان لەگەڵیان جوڵامەوە و ڕووی خۆمم لێیان وەرگێڕا.

٢٥«لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئێستا ڕاپێچکراوەکانی یاقوب دەگەڕێنمەوە، بەزەییم بە هەموو بنەماڵەی ئیسرائیلدا دێتەوە، بۆ ناوی پیرۆزی خۆم دڵگەرم دەبم. ٢٦جا ڕیسوایی خۆیان هەڵدەگرن لەگەڵ هەموو ناپاکییەکەیان کە لەگەڵ من ناپاکییان پێکرد، کاتێك بە ئاسوودەیی و بەبێ ترس لە خاکەکەی خۆیان نیشتەجێ بوون. ٢٧ئەو کاتەی لەنێو گەلان لە خاکی دوژمنەکانیانەوە کۆیان دەکەمەوە و دەیانهێنمەوە، لەبەرچاوی نەتەوەکان پیرۆزی خۆم لەنێویاندا دەردەخەم. ٢٨ئەوسا دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگاریانم، چونکە هەرچەندە بۆ ناو نەتەوەکان ڕاپێچم کردن، بەڵام پاشان کۆیان دەکەمەوە و دەیاننێرمەوە خاکەکەی خۆیان، چیتر کەسیان لەوێ بەجێناهێڵم. ٢٩چیتر ڕووی خۆمیان لێ وەرناگێڕم، چونکە ڕۆحی خۆم بەسەر بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەڕێژم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## چواردەوری پەرستگایەکی نوێ

٤٠ لە ساڵی بیست و پێنجەمی ڕاپێچکردنمان، لە سەرەتای ساڵ، لە دەی مانگی یەکی ساڵی چواردەیەم لەپاش لێدانی شارەکە،[c] لە هەمان ڕۆژ ڕۆحی یەزدان هاتە سەرم و بۆ ئەوێی بردم. ٢خودا لە چەند بینینێکیدا منی هێنایە خاکی ئیسرائیل و لەسەر کێوێکی زۆر بڵند داینام، لەلای باشوورەوە چەند تەلارێك لە شێوەی شارێکدا بوو. ٣کاتێك منی هێنایە ئەوێ، ئەوەتا پیاوێك دیمەنی وەك بڕۆنز وابوو، پەتێکی کەتان و قامیشێکی پێوانەی بە دەستەوە بوو، لەبەر دەروازەکە وەستابوو. ٤پیاوەکە پێی گوتم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بە چاوەکانت سەیر بکە و بە گوێیەکانت ببیستە و مێشکت بخەرە سەر هەموو ئەوەی پیشانی تۆی دەدەم، چونکە لەبەر ئەوەی پیشانت بدرێت

[a] ١٦ هەمۆنا: واتە ئاپۆرەی سوپا.
[b] ١٩ پیو: واتە بەز.
[c] ١ بەرامبەر بە ساڵنامەی ئێستا دەکاتە بیست و هەشتی مانگی چواری ساڵی ٥٧٣ی پێش زایین.

تۆ بۆ ئێرە هێنراویت. هەموو ئەوەی دەیبینیت بە بنەماڵەی ئیسرائیلی ڕابگەیەنە.»

**دەروازەی ڕۆژهەڵات هەتا خانەکانی دەرەوە**

[٥]شوورایەکم بینی کە دەوری تەواوی پەرستگاکەی دابوو. قامیشێکی پێوانەش کە درێژییەکەی شەش باڵی درێژ[a] بوو کە هەر باڵێك، باڵێك و چوار پەنجە بوو. جا ئەستوورایی شووراکەی پێوا کە یەك قامیش بوو و بەرزاییەکەشی یەك قامیش.

[٦]ئینجا هاتە لای ئەو دەروازەیەی ڕووەو ڕۆژهەڵاتە. بەسەر پێپلیکانەکانیدا سەرکەوت و بەردەروازەکەی پێوا، درێژییەکەی یەك قامیش بوو. [٧]قوژبنەکانی پاسەوانیش یەك قامیش درێژی بوو، یەك قامیشیش پانی، ئەستوورایی دیواری نێوان قوژبنەکانیش پێنج باڵ بوو. بەردەروازەکەش لەلای هەیوانی دەروازەکە و لە ژوورەوە یەك قامیش بوو.

[٨] ئینجا هەیوانی دەروازەکەی پێوا، [٩]درێژییەکەی هەشت باڵ بوو، ئەستوورایی هەر دینگەیەکیشی دوو باڵ بوو، هەیوانی دەروازەکەش ڕووەو پەرستگاکە بوو.

[١٠]قوژبنەکانی دەروازەی لای ڕۆژهەڵاتیش، لە هەر لایەك سێ قوژبن هەبوون، هەرسێکیان هەمان پێوانە بوون. ڕووبەری دیوارەکانی نێوانیشیان لە هەر لایەك وەك یەك بوون. [١١]ئینجا پانی داڵانی دەروازەکەی پێوا، دە باڵ بوو، درێژایی دەروازەکەش سێزدە باڵ بوو. [١٢]لێواری بەردەم قوژبنەکانیش لە هەر لایەك یەك باڵ بوو، قوژبنەکانیش درێژی و پانییەکەی شەش باڵ بوون. [١٣]ئینجا دەروازەکەی پێوا، لە بنمێچی قوژبنێکەوە بۆ بنمێچی قوژبنەکەی بەرامبەری. دووری لەنێوان دەلاقەی دیواری پشتی قوژبن و دەلاقەکەی بەرامبەری بیست و پێنج باڵ بوو. [١٤]ڕووبەری ناوبڕەکانیشی هەتا هەیوانی بەرامبەر حەوشەی دەروازەکەی پێوا، درێژایی شەست باڵ بوو. [١٥]دووری نێوان داڵانی دەروازەکە و کۆتایی هەیوانەکەی پەنجا باڵ بوو. [١٦]ڕووی ناوەوەی ستارەی سەر قوژبن و ناوبڕە و هەیوانەکەش دەلاقەدار بوو، ڕووی ناوبڕەکانیش نەخشی دار خورما هەبوو.

**خانەکانی دەرەوە**

[١٧]ئینجا منی هێنایە خانەکانی دەرەوە. بینیم چەند ژوورێك و شۆستەیەك بە چواردەوری حەوشەکەدا دروستکرابوون. بە درێژایی شۆستەکە سی ژوور هەبوو. [١٨]شۆستەکە لەلای دەروازەکان بوو، بەرامبەر بە درێژایی دەروازەکانیش شۆستەکەی خوارەوە بوو. [١٩]ئینجا ئەو دوورییەی پێوا، کە لەنێوان دیوی ناوەوەی دەروازەکەی خوارەوە و دیوی دەرەوەی حەوشەکەی ناوەوە بوو، سەد باڵ بوو بەلای ڕۆژهەڵات و بەلای باکوور.

**دەروازەی ڕووەو باکوور**

[٢٠]ئینجا درێژی و پانی دەروازەکەی ڕووەو باکووری پێوا، کە دەروازەیەك بوو بۆ خانەکانی دەرەوە. [٢١]قوژبنەکانیشی لە هەر لایەك سێ بوون، ناوبڕەکان و هەیوانەکەشی وەك پێوانەی دەروازەکەی یەکەم بوو، درێژییەکەی پەنجا باڵ و پانییەکەی بیست و پێنج باڵ بوو. [٢٢]دەلاقەکانی و هەیوانەکەی و نەخشە دار خورماکەی هەمان پێوانەی ئەو دەروازەیە بوو کە ڕووەو ڕۆژهەڵات بوو. بە حەوت پایە بۆی سەردەکەوتن و هەیوانەکەشی بەرامبەریان بوو. [٢٣]دەروازەی حەوشەکەی ناوەوەش بەرامبەر دەروازەی باکوور بوو، هەروەك دەروازەی ڕۆژهەڵات، لە دەروازەیەکەوە بۆ دەروازەیەك پێوای، سەد باڵ بوو.

**دەروازەی ڕووەو باشوور**

[٢٤]ئینجا منی بەرەو باشوور برد. بینیم دەروازەیەکی ڕووەو باشوور هەبوو، دینگەکان و هەیوانەکەی

[a] ٥ دوو پێوانە هەبووە بۆ باڵ، باڵی ئاسایی کە دوو بست و نیو بووە، واتە نیو مەتر، باڵی درێژ کە باڵێك و چوار پەنجە بووە، واتە ٠,٦ مەتر. لە بەشەکانی ٤٠-٤٨ (باڵ) مەبەستی لە باڵی درێژە.

پێوا، هەمان پێوانە بوون. [٢٥]دەروازەکەش دەلاقەی تێدابوو، هەیوانەکەشی وەك ئەو دەلاقانەی لە چواردەوری هەبوو. درێژی پەنجا باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو. [٢٦]پێپلیکانەکەشی حەوت پایە بوو، هەیوانەکەشی لەبەردەمی بوو، لە هەردوو لای دەروازەکە لە هەردوو ڕووی ناوبڕەکان نەخشی دار خورما هەبوون. [٢٧]حەوشەکەی ناوەوەش دەروازەیەکی بەرەو باشوور هەبوو، لە دەروازەوە بۆ دەروازە ڕووەو باشوور پێوای، سەد باڵ بوو.

### دەروازەی حەوشەکەی ناوەوە

[٢٨]ئینجا لە دەروازەکەی باشوورەوە منی هێنایە حەوشەکەی ناوەوە. دەروازەکەی باشووری پێوا، هەمان پێوانەی دەروازەکانی دیکەی بوو. [٢٩]قوژبنەکانی و ناوبڕەکانی نێوانیان و هەیوانەکەی هەمان پێوانە بوون. دەروازەکە و هەیوانەکەشی دەلاقە بە چواردەوریاندا هەبوون. درێژی پەنجا باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو. [٣٠]لە هەر سێ لاوە هەیوانەکان بیست و پێنج باڵ درێژایی و پێنج باڵ پانی بوون. [٣١]هەیوانەکەشی ڕووەو خانەکانی دەرەوە بوو، لەسەر دینگەکانیشی نەخشی دار خورما هەبوون، پێپلیکانەکەشی لەسەر هەشت پایە بوون.

[٣٢]ئینجا منی هێنایە ناو حەوشەکەی ناوەوە بەرەو ڕۆژهەڵات. دەروازەکەی پێوا، هەمان پێوانەی دەروازەکانی دیکە بوو. [٣٣]قوژبنەکانی و ناوبڕەکانی نێوانیان و هەیوانەکەی هەمان پێوانە بوون. لە دەروازەکە و لە هەیوانەکەشی دەلاقە بە چواردەوریدا هەبوون. درێژی دەروازەکە پەنجا باڵ و پانی بیست و پێنج باڵ بوو. [٣٤]هەیوانەکەشی ڕووەو خانەکانی دەرەوە بوو، لەسەر دینگەکانیشی نەخشی دار خورما لە هەردوو لای هەبوون، پێپلیکانەکەشی لەسەر هەشت پایە بوون.

[٣٥]ئینجا منی هێنایە دەروازەکەی باکوور و پێوای، هەمان پێوانەی دەروازەکانی دیکە بوو. [٣٦]قوژبن و ناوبڕەکانی و هەیوانەکەی و ئەو دەلاقانەی لە چواردەوری بوون، درێژی دەروازەکە پەنجا باڵ بوو، پانی بیست و پێنج باڵ بوو. [٣٧]هەیوانەکەشی ڕووەو خانەکانی دەرەوە بوو، لەسەر دینگەکانیشی نەخشی دار خورما هەبوون، لە هەردوو لای، بە هەشت پایە بۆی سەردەکەوت.

### ژوورەکانی ئامادەکردنی قوربانی

[٣٨]لەلای هەیوانی هەر دەروازەیەکی ناوەوە ژوورێك و داڵانێك[a] هەبوو، لەوێ قوربانی سووتاندنیان دەشوشت. [٣٩]لە هەیوانی دەروازەکەش دوو مێز لە هەر لایەکی هەبوون، بۆ ئەوەی قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناه و قوربانی تاوان لەسەریان سەرببڕدرێن. [٤٠]لە دیوی دەرەوەی هەیوانی دەروازەکە، لە نزیکی پێپلیکانەکەی لای داڵانی دەروازەی باکوور، لە هەر لەلایەکی پێپلیکانەکە دوو مێز هەبوون. [٤١]چوار مێز لێرە و چوار مێز لەوێ لەلای دەروازەکە، هەشت مێز قوربانییان لەسەر سەردەبڕان. [٤٢]چوار مێزی دیکەش بۆ قوربانی سووتاندنەکان هەبوون لە بەردی تاشراو بوون، درێژییەکەیان باڵ و نیوێك و پانییەکەشیان باڵ و نیوێك بوون، بەرزاییەکەشیان یەك باڵ بوو. ئەو کەرەستانەی لەسەر دادەنرا کە قوربانی سووتاندن و قوربانی دیکەیان پێ سەردەبڕی. [٤٣]قولاپەکانیش چوار پەنجە بوون، لە دیوی ناوەوە بە چواردەوریدا قاییم کرابوون، مێزەکانیش بۆ گۆشتی قوربانییەکان بوون.

### ژوورەکانی کاهینانی بەرپرس

[٤٤]لە حەوشەکەی ناوەوە، لە دەرەوەی دەروازەکەی، دوو ژوور هەبوون، یەکێکیان لەلای دەروازەکەی باکوور، ڕووی لە باشوور بوو. ئەوەی دیکە لەلای دەروازەکەی باشوور، ڕووی لە باکوور بوو. [٤٥]پێی فەرمووم: «ئەو ژوورەی ڕووی لە باشوورە هی کاهینەکانە، کە بەرپرسیارن لە پارێزگاریکردنی پەرستگا. [٤٦]ئەو ژوورەش کە ڕووی لە باکوورە هی

[a] ٣٨ مەبەستی لە (مدخل)ی عەرەبییە.

ئەو کاهینانەیە کە بەرپرسیارن لە پارێزگاریکردنی
قوربانگا. ئەوان نەوەی سادۆقن، کە لەنێو نەوەی
لێڤی تەنها ئەوان بۆیان هەیە لە یەزدان نزیك ببنەوە
بۆ خزمەتکردنی.»
[٤٧]پاشان حەوشەکەی بەردەم پیرۆزگای پێوا،
درێژی سەد باڵ و پانیشی سەد باڵ بوو، چوارگۆشە
بوو، قوربانگاکەش لەبەردەم پیرۆزگاکە بوو.

## پیرۆزگا نوێیەکە

[٤٨]ئینجا منی هێنایە هەیوانی پیرۆزگاکە،
دینگەکانی هەیوانەکەی پێوا، ئەستوورایی هەر
لایەك پێنج باڵ بوو. پانی بەردەرگاکەش چواردە باڵ
بوو، ناوبڕەکانی هەر لایەك سێ باڵ بوون. [٤٩]پانی
هەیوانەکە بیست باڵ بوو، درێژییەکەشی دوازدە
باڵ. لە پێپلیکانەکەوە بۆی سەردەکەوت، لە هەردوو
لای دینگەکان کۆڵەکە هەبوون، یەکێك لەم بەر و
یەکێکی دیکە لەو بەر.

٤١ ئینجا پیاوەکە منی هێنایە شوێنی پیرۆز و
دینگەکانی پێوا، ئەستوورایی دینگەکان لە
هەر لایەکەوە شەش باڵ بوو. [٢]پانی بەردەرگاکەش
دە باڵ، ناوبڕەکانیشی لە هەر لایەك پێنج باڵ بوو.
هەروەها شوێنە پیرۆزەکەی پێوا، درێژییەکەی چل
باڵ و پانییەکەی بیست باڵ بوو.
[٣]پاشان چووە ناو شوێنی هەرەپیرۆز، دینگەکانی
بەردەرگاکەی پێوا، هەریەکەیان دوو باڵ بوو. پانی
بەردەرگاکەش شەش باڵ، ناوبڕەکانیشی لە هەر
لایەك حەوت باڵ بوو. [٤]شوێنە هەرەپیرۆزەکەی
پێوا، درێژییەکەی بیست باڵ، پانییەکەشی تەریب
بوو لەگەڵ شوێنە پیرۆزەکە و بیست باڵ بوو، پێی
فەرمووم: «ئەمە شوێنە هەرەپیرۆزەکەیە.»
[٥]کە ئەستوورایی دیواری پیرۆزگاکەی پێوا شەش
باڵ بوو. پانی ژوورە لاتەنیشتەکانیشی پێوا کە لە
سێ لای پیرۆزگاکە هەبوون، هەر یەکێکیان چوار
باڵ بوو. [٦]ژوورە لاتەنیشتەکانیش بە سێ نهۆم
هەبوون، لە هەر نهۆمێکیش سی ژوور هەبوون.
بنچینەی ژوورەکان لەسەر دیواری پیرۆزگاکە خۆی
دروستنەکرابوون، بەڵکو لەسەر لێواری دیواری
ژوورەکان کە بۆ پتەوکردنی ژوورەکان دروستکرا بوون.
[٧]ئەگەر لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێك سەربکەوتبووای،
ژوورە لاتەنیشتەکان بەرینتر دەبوون، بەپێی لێوارەکە
لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێك لە سێ لای پیرۆزگاکە.
پێپلیکانەیەکیش هەبوو، لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بە
نهۆمی ناوەڕاستدا تێدەپەڕی.[a]
[٨]بینیم لە چواردەوری پیرۆزگاکە بادلۆیەکی
بەرز هەبوو، کە بناغەی ژوورە لاتەنیشتەکان
بوو، درێژییەکەشی بەقەد درێژی قامیشێك بوو،
شەش باڵ درێژی بوو. [٩]ئەستوورایی دیواری ژوورە
لاتەنیشتەکان لە دیوی دەرەوە پێنج باڵ بوو.
حەوشەیەك هەبوو لەنێوان ژوورە لاتەنیشتەکانی
پیرۆزگاکە و [١٠]ژوورەکانی کاهینان، پانییەکەی بیست
باڵ بوو بە دەوری پیرۆزگاکەدا. [١١]دەروازەی ژوورە
لاتەنیشتەکان لە کۆڵانێکەوە یەکێکی ڕووەو باکوور
و یەکێکیشی ڕووەو باشوور بوو. پانی بادلۆکە لە
دەوری پیرۆزگاکە پێنج باڵ بوو.
[١٢]ئەو بینایەش کە لەبەردەم شوێنە جیاکراوەکە
بوو، لە لایەکەوە ڕووەو ڕۆژئاوا، پانی حەفتا باڵ
بوو. ئەستوورایی دیواری بیناکەش پێنج باڵ بوو بە
چواردەوریدا، درێژییەکەشی نەوەد باڵ بوو.
[١٣]پیرۆزگاکەشی پێوا، سەد باڵ درێژ بوو، شوێنە
جیاکراوەکە و بیناکە و دیوارەکانی سەد باڵ درێژ
بوون. [١٤]ڕووی پەرستگا و شوێنە جیاکراوەکەی ڕووەو
ڕۆژهەڵات پانییەکەی سەد باڵ بوو.
[١٥]ئینجا درێژی بیناکە و هۆڵەکانی پێوا، بیناکەش
لەبەردەم شوێنە جیاکراوەکە لە پشتی پیرۆزگاکە بوو،
لە لایەکەوە بۆ لایەکەی دیکە، سەد باڵ بوو.
شوێنی پیرۆز و هەرەپیرۆز و ڕووی هەیوانەکە
بە لای حەوشەکەدا، [١٦]لەگەڵ بەردەرگاکان و
کڵاوڕۆژنە[b] کەتیبەدارەکان و هۆڵەکانی چواردەوری
سێ نهۆمەکە، بەرامبەر بەردەرگاکە لە هەموو

[a] ٧ بڕوانە یەکەم پاشایان ٦:٥-٨.
[b] ١٦ وەك پەنجەرەیە، دەلاقەیەکە بۆ هاتوچۆی هەوا و گێڕانەوەی تیشکی خۆر.

لایەکەوە تەختەی لێ درابوو. لە زەوییەکەوە هەتا کڵاوڕۆژنەکە، کڵاوڕۆژنەکەش داپۆشرابوو. [١٧] لە سەرەوە، ناوبەناو لەسەر دیوی دەرەوەی داڵانەکەی شوێنی هەرەپیرۆز، دیوارەکە بە چواردەوری شوێنی پیرۆز و هەرەپیرۆز، [١٨] نەخشی کەڕوبەکان و دار خورمای لەسەر کرابوو. دار خورمایەك لەنێوان کەڕوبێك و کەڕوبێکی دیکە، هەر کەڕوبێکیش دوو ڕووی هەبوو، [١٩] ڕوویەکی مرۆڤ ڕووەو دار خورمایەك و ڕووی جوانە شێرێك ڕووەو دار خورمایەکی دیکە. کە هەموو چواردەوری پیرۆزگاکە بەم شێوەیە نەخشێنرابوو. [٢٠] هەروەها دیواری شوێنی پیرۆزیش لە زەوییەوە هەتا سەر داڵانەکە بە کەڕوب و دار خورماکان نەخشێنرابوون.

[٢١] چوارچێوەی دەرگای شوێنە پیرۆزەکەش لاکێشەیی بوو، هەروەها ئەو چوارچێوەیەی کە لەپێشی شوێنی هەرەپیرۆزەکە بوو هەمان شێوەی هەبوو. [٢٢] قوربانگاکە لە دار دروستکرابوو، بەرزی سێ باڵ بوو، درێژی و پانییەکەی دوو باڵ بوون، گۆشە و بنکە و دیوارەکانی لە دار بوون. پیاوەکە پێی گوتم: «ئەمە ئەو مێزەیە کە لەبەردەم یەزدانە.» [٢٣] شوێنی پیرۆز و شوێنی هەرەپیرۆزیش دەرگایەکی دوو دەری هەبوو. [٢٤] هەر دەروازەیەکیش دوو دەری بوو، لە ناوەڕاستەوە دەکرانەوە. [٢٥] کەڕوب و دار خورما لەسەر ڕووی دەرگاکانی شوێنی پیرۆزیش نەخشێنرا بوون، بە هەمان شێوە دیوارەکانیش نەخشێنرابوون، تارمەیەکی دارینیش لەپێش هەیوانەکە هەبوو. [٢٦] لەسەر دیواری لاتەنیشتەکانی هەیوانەکە و ژوورە لاتەنیشتەکانی پیرۆزگاکە دەلاقەی کەتیبەدار هەبوو کە لایەکانی بە نەخشی دار خورما ڕازێنرابووەوە.

## ژووری کاهینان

٤٢ ئینجا بە ڕێگای لای باکوور منی هێنایە خانەکانی دەرەوە، بردمییە ئەو ژوورانەی کە بەرامبەر شوێنە جیاکراوەکەن، ژوورەکانی بەرامبەر بیناکە لەلای باکوور. [٢] درێژی ئەو تەلارە کە دەرگاکەی ڕووی لە باکوور بوو سەد باڵ، پانییەکەشی پەنجا باڵ بوو. [٣] لەو بەشەی کە دووری لە حەوشەکەی ناوەوە بیست باڵ بوو، هەروەها لەو بەشەی کە بەرامبەر شۆستەی خانەکانی دەرەوە بوو، هۆڵ بەرامبەر هۆڵ بوو لە هەر سێ نهۆمەکە. [٤] بەرامبەر بە ژوورەکانیش ڕێڕەوێك هەبوو، پانییەکەی دە باڵ و درێژییەکەی سەد باڵ بوو، بەرەو حەوشەکەی ناوەوە و دەرگای ژوورەکانیش ڕووەو باکوور بوون. [٥] شوێنی ژوورەکان بەر هۆڵەکان کەوتبوون، لەبەر ئەوە ژوورەکانی سەرەوە لە ژوورەکانی ناوەڕاست و خوارەوەی بیناکە تەسکتر بوون. [٦] بیناکە سێ نهۆم بوو، ژوورەکانی نهۆمی سێیەم کۆڵەکەیان نەبوو وەك کۆڵەکەی حەوشەکان، لەبەر ئەوە زەمینەکەیان لە نهۆمی خوارەوە و ناوەڕاست کەمتر بوو. [٧] ئەو دیوارەش لە دەرەوە بوو لەگەڵ ژوورەکان ڕووەو خانەکانی دەرەوە بۆ بەردەم ژوورەکان، درێژییەکەی پەنجا باڵ بوو. [٨] درێژی ژوورەکان لەلای خانەکانی دەرەوە پەنجا باڵ بوو، بەڵام درێژی لای پیرۆزگاکە سەد باڵ بوو. [٩] لەژێر ئەم ژوورانەشەوە داڵانێك هەبوو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوەی لە خانەکانی دەرەوە بۆی دەهاتنە ژوورەوە.

[١٠] ژوورەکان بە درێژایی دیواری حەوشەکە بوون بەرەو باشوور لەبەردەم شوێنە جیاکراوەکە و بەرامبەر بیناکە. [١١] لەبەردەمی ژوورەکان ڕێڕەوێك هەبوو، وەك داڵانەکانی ئەو ژوورانەی کە بەرەو باکوور بوون، هەمان درێژی و پانی و شوێنی چوونەدەرەوە و شێوە و دەرگایان هەبوو. [١٢] وەك داڵانی ژوورەکانی ڕووەو باشووریش، داڵانێك لە سەرەتای ڕێڕەوەکەی بەرامبەر دیوارەکەی ڕووەو ڕۆژهەڵات هەبوو، کە لەوێوە بۆی دێتە ژوورەوە.

[١٣] پێی فەرمووم: «ژوورەکانی باکوور و ژوورەکانی باشوور کە بەرامبەر بە شوێنە جیاکراوەکەن ژوورە تەرخانکراوەکانن، کە کاهینەکان ئەوانەی لە یەزدان نزیك دەبنەوە پێشکەشکراوە هەرەپیرۆزەکان دەخۆن. پێشکەشکراوی هەرەپیرۆز و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و قوربانی گوناه و قوربانی تاوان دادەنێن، چونکە شوێنەکە پیرۆزە. [١٤] کاتێك کاهینەکان

دەچنە ژوورەوە، نابێت لە شوێنی پیرۆزەوە بچنە دەرەوە بۆ خانەکانی دەرەوە، هەتا جلەکانیان کە خزمەتی پێ دەکەن لەوێی دادەنێن، چونکە جلەکانیان تەرخانکراون، ئینجا جلێکی دیکە لەبەر دەکەن و دەچنە پێشەوە بۆ ئەو شوێنەی گەل لێی کۆدەبنەوە.»

[١٥] کە پێوانەی دیوی ناوەوەی پەرستگای تەواو کرد منی هێنایە دەرەوە بەرەو ئەو دەروازەیەی ڕووەو ڕۆژهەڵاتە و چواردەورەکەی پێوا، [١٦] لای ڕۆژهەڵاتی بە قامیشی پێوانەکە پێوا، پێنج سەد باڵ[a] بوو. [١٧] لای باکووریشی پێوا، پێنج سەد باڵ بە قامیشی پێوانە. [١٨] لای باشووریشی پێوا، پێنج سەد باڵ بە قامیشی پێوانە. [١٩] ئینجا بەلای ڕۆژئاوا سووڕایەوە و پێنج سەد باڵی بە قامیشی پێوانە پێوا. [٢٠] لە هەر چوار لاوە پێوای، شوورایەکی بە چواردەوری بوو کە پێنج سەد باڵ درێژییەکەی و پێنج سەد باڵ پانییەکەی بوو، بۆ جیاکردنەوە لەنێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو.

## گەڕانەوەی شکۆمەندی خودا بۆ پەرستگاکە

٤٣ ئینجا منی بردە لای ئەو دەروازەیەی ڕووەو ڕۆژهەڵاتە. [٢] بینیم شکۆمەندی خودای ئیسرائیل لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتەوە دەهات و دەنگی وەک دەنگی ئاوێکی زۆر بوو، خاکەکەش لەبەر شکۆمەندییەکەی دەدرەوشایەوە. [٣] بینینەکە وەک ئەو بینینە بوو کە لە کاتی هاتنی بۆ وێرانکردنی شارەکە بۆم ئاشکرا کرابوو، هەروەها وەک ئەو بینینە بوو کە لەلای نۆکەندی کەڤار بۆم ئاشکرا کرابوو، ئەو کاتە بەسەر ڕوومدا کەوتم. [٤] شکۆمەندی یەزدان لە ڕێگای ئەو دەروازەیەی ڕووەو ڕۆژهەڵاتە بۆ ناو پەرستگاکە هات. [٥] ئینجا ڕۆحی خودا هەڵیگرتم و منی بردە حەوشەکەی ناوەوە و بینیم شکۆمەندی یەزدان پیرۆزگاکەی پڕکردووە.

[٦] گوێم لێ بوو لە پیرۆزگاکەوە قسەی لەگەڵ کردم و پیاوێکیش لەتەنیشتمەوە ڕاوەستابوو. [٧] پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەمە شوێنی تەختی من و شوێنی بنی پێمە، کە لەنێو نەوەکانی ئیسرائیل بۆ هەتاهەتایە نیشتەجێ دەبم. لەمەودوا بنەماڵەی ئیسرائیل ناوی پیرۆزم گڵاو ناکەن، نە خۆیان و نە پاشاکانیان، نە بە لەشفرۆشی و نە بە تەرمی پاشاکانیان لە نزرگەکانی سەر بەرزایی. [٨] کاتێک ئەوان بەردەرگاکەیان لای بەردەرگاکەم و چوارچێوەی دەرگاکەیان لای چوارچێوەی دەرگاکەم دانا، لەنێوان من و ئەواندا تەنها دیوارێک هەبوو، جا ناوی پیرۆزی منیان بە نەریتە قێزەونەکانیان گڵاوکرد. منیش بە تووڕەیی خۆم لەناوم بردن. [٩] ئێستا با لەشفرۆشی و تەرمی پاشاکانیان لە من دووربخەنەوە، ئەو کاتە منیش بۆ هەتاهەتایە لەناویان نیشتەجێ دەبم.

[١٠] «ئەی کوڕی مرۆڤ، دەربارەی پەرستگاکە بە بنەماڵەی ئیسرائیل ڕابگەیەنە، با لە تاوانەکانی خۆیان شەرمەزار بن و با نەخشەکە بپێون. [١١] ئەگەر هاتوو لە هەرچی کردوویانە شەرمەزارییان کێشا، ئەوسا وێنەی پەرستگا، نەخشە و شوێنی چوونەدەرەوە و شوێنی چوونەژوورەوە، هەموو شێوە و فەرزەکان و فێرکردنەکانییان بۆ باس بکە. ئەمە لەبەرچاویان بنووسە، با هەموو نەخشە و هەموو فەرزەکانی بەجێبهێنن و کاری پێ بکەن.

[١٢] «ئەمە فێرکردنی پەرستگاکەیە: لەسەر لووتکەی کێوەکە، هەموو چواردەوری پەرستگاکە دەبێتە شوێنێکی زۆر پیرۆز، ئەمە فێرکردنی پەرستگاکەیە.

## قوربانگاکە

[١٣] «ئەمەش پێوانەکانی قوربانگاکەیە بە پێوانەی باڵی درێژ، باڵی درێژیش باڵێک و چوار پەنجەیە[b]. قووڵایی ئاوەڕۆکەی باڵێکە و پانییەکەشی باڵێک و کەنارەکەشی هەتا لێوەکەی چواردەوری بستێکە[c]. ئەمەش بەرزی قوربانگاکەیە: [١٤] بنکەکەی لە زەوی ئاوەڕۆکەوە هەتا لێواری خوارەوە دوو باڵ و پانییەکەشی یەک باڵ بوو، لە لێوارە بچووکەکەی ژێرەوە هەتا لێوارە گەورەکەی سەرەوەش

[a] ١٦ لێرە مەبەست لە باڵی ئاساییە، کە نزیکەی نیو مەتر بوو.

[b] ١٣ چوار پەنجەیە: نزیکەی هەشت سەنتیمەتر.

[c] ١٣ بستێک: نزیکەی ٢٢ سەنتیمەتر.

چوار باڵ و پانییەکەشی یەك باڵ بوو. [١٥]بەرزی
ئاگردانی قوربانگاکەش چوار باڵ بوو، لە ئاگردانی
قوربانگاکەشەوە بۆ سەرەوە چوار قۆچ هاتبوونە
دەرەوە. [١٦]ئاگردانی قوربانگاکەش دوازدە باڵ درێژی
و دوازدە باڵ پانی بوو، شێوەی چوارگۆشەیی بوو.
[١٧]لێوارەکەی سەرەوەش چوار گۆشە بوو، چواردە
باڵ درێژ و چواردە باڵ پان بوو، کەنارەکەی
چواردەوریشی نیو باڵ بوو و ئاوەڕۆکەشی بە
دەوریدا یەك باڵ بوو، پێپلیکانەکانیشی ڕووەو
ڕۆژهەڵات بوو.»

[١٨]پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، یەزدانی
باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەمانە فەرزەکانی
پێشکەشکردنی قوربانی سووتاندن و پرژاندنی
خوێن لەسەر قوربانگاکەیە، ئەو ڕۆژەی کە بنیاد
دەنرێت. [١٩]جوانەگایەك[a] بۆ قوربانی گوناە بە کاهینە
لێڤییەکان دەدەیت، ئەوانەی لە نەوەی سادۆقن،
کە لە من نزیك دەبنەوە بۆ خزمەتکردنم. ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. [٢٠]لە خوێنەکەی
دەبەیت و لە هەر چوار قۆچی قوربانگاکە و هەر
چوار گۆشەی لێوارەکەی سەرەوەی دەدەیت و لە
کەنارەکەشی دەدەیت بە هەر چواردەوریدا، بەم
شێوەیە پاکی دەکەیتەوە و کەفارەتی بۆ دەکەیت.
[٢١]جوانەگاکەی قوربانی گوناە دەبەیت و لە شوێنی
دیاریکراو لە پەرستگاکە لە دەرەوەی پیرۆزگاکە
دەیسووتێنیت.

[٢٢]«لە ڕۆژی دووەم گیسکێکی نێری ساغ پێشکەش
دەکەیت، ساغ بێت، دەکرێت بە قوربانی گوناە
و قوربانگەکە بە خوێنەکەی پاك دەکەنەوە وەك
چۆن بە خوێنی جوانەگاکە پاکیان کردەوە. [٢٣]کە
لە پاککردنەوەکە تەواو بوویت، جوانەگایەکی
ساغ و بەرانێکی ساغی مێگەل پێشکەش دەکەیت.
[٢٤]لەبەردەم یەزدان پێشکەشیان دەکەیت و
کاهینەکان خوێیان پێوە دەکەن و دەیانکەن بە
قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان.

[a] ١٩ لەو کاتەوەی کە گوێرەکەی نێر لە شیر دەبڕدرێتەوە پێی دەگوترێت (نۆبەن) یان (جوانەگا).

[٢٥]«حەوت ڕۆژ، هەر ڕۆژە گیسکێکی نێرینە
دەکەیت بە قوربانی گوناە و جوانەگایەکی ساغ
و بەرانێکی ساغی مێگەل دەکەیت بە قوربانی.
[٢٦]کاهینەکان حەوت ڕۆژ لەسەر قوربانگاکە
کەفارەتی بۆ دەکەن و پاکی دەکەنەوە، بەم شێوەیە
تەرخانی دەکەن. [٢٧]کە ئەم ڕۆژانە تەواو بوون،
لە ڕۆژی هەشتەم بەسەرەوە کاهینەکان لەسەر
قوربانگاکە قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی
هاوبەشیتان[b] پێشکەش دەکەن، منیش لێتان ڕازی
دەبم. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.»

## میرەکە، لێڤی و کاهینەکان

٤٤ ئینجا پیاوەکە منی هێنایەوە بۆ ڕێگای
دەروازەی دەرەوەی پیرۆزگا کە ڕووەو
ڕۆژهەڵات بوو، دەرگاکانی داخرا بوون. [٢]یەزدان پێی
فەرمووم: «ئەم دەروازەیە بە داخراوی دەمێنێتەوە،
ناکرێتەوە و کەس پێیدا ناچێتە ژوورەوە، چونکە
یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل پێیدا چووە ژوورەوە،
جا داخراو دەبێت. [٣]تەنها میری فەرمانڕەوا خۆی تێیدا
دادەنیشێت بۆ ئەوەی لەبەردەم یەزدان نان بخوات.
لە ڕێگای هەیوانی دەروازەکەوە دێتە ژوورەوە و لە
هەمان ڕێگاوە دەچێتە دەرەوە.»

[٤]ئینجا پیاوەکە لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە
منی هێنایە بەردەم پیرۆزگاکە، منیش تەماشام کرد
ئەوەتا شکۆمەندی یەزدان پیرۆزگاکەی پڕکردووە. جا
بەسەر ڕوومدا کەوتم.

[٥]یەزدانیش پێی فەرمووم: «ئەی کوڕی مرۆڤ،
بە چاوت ببینە، هەموو ئەوەی دەیفەرمووم بە
گوێیەکانت ببیستە و مێشکت بخەرە سەر هەموو
فەرزەکانی پەرستگای یەزدان و هەموو فێرکردنەکانی.
هەروەها مێشکت بخەرە سەر شوێنی چوونە

[b] ٢٧ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك کەس هەڵدەستا بە دابینکردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێکەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەکان ١١:٧-١٥.

ژوورەوەی پەرستگاکە و سەر هەموو شوێنەکانی چوونە دەرەوەی پیرۆزگاکە. ٦بە یاخیبووەکان، بە بنەماڵەی ئیسرائیل بڵێ: "یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئێوە هەموو ئەو نەریتە قێزەونانەی خۆتان بەسە. ٧سەرەڕای ئەوەش بێگانە بە دڵ و لەش خەتەنە نەکراوەکانتان هێنایە ناو پیرۆزگای من، بۆ ئەوەی لەناو پەرستگای مندا بن و پیسی بکەن، ئەو کاتەی کە پیو[a] و خوێن دەکرێنە قوربانی و وەك خواردن پێشکەش بە من دەکرێن. بەو هەموو نەریتە قێزەونانەتان پەیمانی منتان شکاند. ٨ئەرکی خۆتان بۆ شتە پیرۆزکراوەکانی من بەجێنەگەیاند، بەڵکو کەسانی دیکەتان دانا لە جێی خۆتان بۆ پارێزگاریکردنی پیرۆزگاکەم. ٩یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: نابێت هیچ بێگانەیەکی دڵ و لەش خەتەنە نەکراو بێتە ناو پیرۆزگای من، تەنانەت ئەوانەی کە لەنێو ئیسرائیلییەکانیشدا نیشتەجێن.

١٠«"بەڵکو لێڤییەکان کە لە من دوورکەوتنەوە کاتێك نەوەی ئیسرائیل گومڕابوون، لە سایەی بتەکانیانەوە ئەوانیش گومڕا بوون، تاوانی خۆیان لە ئەستۆی خۆیان دەگرن. ١١لە پیرۆزگاکەم دەبن بە خزمەتکار و بە پاسەوانی دەروازەکانی پەرستگا و خزمەتکارانی پەرستگا. ئەوان قوربانی سووتاندن و قوربانی سەربڕاو بۆ گەل سەردەبڕن و ئەوان لەبەردەمیان ڕادەوەستن بۆ ئەوەی خزمەتیان بکەن. ١٢بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەردەم بتەکانیان خزمەتی گەلیان کرد و بوون بە کۆسپی تاوانکاری بۆ بنەماڵەی ئیسرائیل، لەبەر ئەوە سوێندم خواردووە کە تاوانی خۆیان لە ئەستۆی خۆیان دەبێت. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ١٣لە من نزیك نابنەوە بۆ ئەوەی کاهینییەتیم بۆ بکەن و لە هیچ یەکێك لە شتە پیرۆزکراوەکانم یان پێشکەشکراوە هەرەپیرۆزەکانم نزیك نابنەوە، بەڵکو دەبێت شەرمەزاری نەریتە قێزەونەکانیان هەڵبگرن. ١٤لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتی پارێزگاری پەرستگا بۆ هەموو خزمەتێك و بۆ هەموو ئەوەی تێیدا دەکرێت دەدەم بە ئەوان.

١٥«"بەڵام کاهینە لێڤییەکانی نەوەی سادۆق، ئەوانەی بە دڵسۆزییەوە ئەرکی پارێزگاری پیرۆزگاکەی منیان لە ئەستۆ گرت، کاتێك نەوەی ئیسرائیل لە من گومڕابوون، ئەوان لە من نزیك دەبنەوە بۆ خزمەتکردنم و لەبەردەمم ڕادەوەستن هەتا پیو و خوێن بۆ من بکەن بە قوربانی. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ١٦ئەوانە دێنە ناو پیرۆزگاکەم و لە مێزەکەم نزیك دەکەونەوە بۆ ئەوەی خزمەتم بکەن و پارێزگاری لە نەریتەکەم بکەن.

١٧«"کاتێك دێنە ناو دەروازەکانی حەوشەکەی ناوەوە، جلی کەتان لەبەر دەکەن، لە کاتی خزمەتکردن لە دەروازەکانی حەوشەکەی ناوەوە لەناو پەرستگاکە نابێت جلی خورییان لەبەردا بێت. ١٨با مێزەری کەتان بەسەریانەوە بێت و دەرپێی کەتان لەبەر بکەن، شتێك بە ناوقەدیانەوە نەبەستن کە ئارەقەی پێ بکەن. ١٩کاتێك دەچن بۆ لای گەل لە خانەکانی دەرەوە، جلی خزمەتکردن دادەکەنن و لە ژوورە تەرخانکراوەکان دایدەنێن، ئینجا جلی دیکە لەبەر دەکەن نەوەك گەل دەستیان بەر جلە تەرخانکراوەکانیان بکەوێت.

٢٠«"پرچی سەریان نە بە موس دەتاشن و نە دەیهێڵنەوە، بەڵکو بە ڕێکوپێکی کورتی دەکەنەوە. ٢١کاهین کە چووە ناو حەوشەکەی ناوەوە نابێت شەراب بخواتەوە. ٢٢نابێت بێوەژن و ژنی تەڵاقدراو بهێنن، بەڵکو دەبێت کچی پاکیزە لە نەوەی ئیسرائیل یان بێوەژنی کاهینێك بهێنن. ٢٣جیاوازی نێوان پیرۆز و پیرۆزنەکراو، گڵاو و پاك بە گەلەکەم پیشان دەدەن و فێریان دەکەن.

٢٤«"لە ناکۆکیدا ئەوان دەبن بە ناوبژیوان و بەپێی حوکمەکانم حوکم دەدەن، لە جەژنەکان فێرکردن و فەرزەکانم بەجێدەهێنن، هەروەها شەممەکانم پیرۆز ڕادەگرن.

٢٥«"کاهین لە مرۆڤی مردوو نزیك نابێتەوە

[a] ٧ پیو: واتە بەز، لێرە و لە ئایەتی ١٥.

نەوەك گڵاو بێت. بەڵام ئەگەر مردووەکە باوك
یان دایك یان کوڕ یان کچ یان براکەی بێت، یان
خوشکەکەی کە شووی نەکردبێت، ئەوا دەتوانێت
خۆی گڵاو بکات. [٢٦]پاش پاکبوونەوەی حەوت ڕۆژی
بۆ دەژمێرن. [٢٧]لە ڕۆژی چوونە ناو پیرۆزگاوە بۆ ناو
حەوشەکەی ناوەوە، بۆ ئەوەی لە پیرۆزگا خزمەت
بکات، قوربانییەکەی گوناهی پێشکەش دەکات.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

[٢٨]«”هیچ میراتێك بۆ کاهین نابێت بێجگە لە
من، لە ئیسرائیل هیچ موڵکیان نادەنێ، من موڵکی
ئەوان دەبم. [٢٩]پێشکەشکراوی دانەوێڵە و قوربانی
گوناه و قوربانی تاوان و هەموو ئەوەی لە ئیسرائیلدا
کە بۆ یەزدان تەرخانکراوە[a] بۆ ئەوانە. [٣٠]لە هەموو
یەکەمین بەرهەم و پیتاکە پیرۆزەکان، باشترینیان
بۆ کاهین دەبن. هەروەها یەکەم هەویرتان بە
کاهینەکان دەدەن، بۆ ئەوەی بەرەکەت بکەوێتە
ماڵتان. [٣١]کاهینەکان نە گۆشتی ئاژەڵی مردار و نە
گۆشتی نێچیر دەخۆن، نە باڵندە و نە ئاژەڵ.

## نوێکردنەوەی ماف و ڕێوەڕەسم

٤٥ «”کاتێك خاکەکە وەك میرات دابەش
دەکەن، پارچەیەك لە خاکەکە زەوییەکی
تەرخانکراو دەبێت و پێشکەش بە یەزدانی دەکەن،
درێژی بیست و پێنج هەزار باڵ[b] و پانی بیست
هەزار باڵ دەبێت. هەموو سنووری چواردەوری
تەرخان دەکرێت. [٢]لەمە پارچەیەکی چوار گۆشە
بۆ پیرۆزگا دەبێت، پێنج سەد باڵ بە پێنج سەد
باڵ و پەنجا باڵیش لە چواردەوری زەوییەکی کراوە
دەبێت. [٣]لەم پێوانەیە بە درێژی بیست و پێنج هەزار
باڵ و پانی دە هەزار باڵ دەپێویت،[c] پیرۆزگاکە و
شوێنە هەرەپیرۆزەکەشی لەناویدا دەبێت. [٤]بەشە
تەرخانکراوەکەی خاکەکە بۆ کاهینەکان کە خزمەتی
پیرۆزگا دەکەن، ئەوانەی نزیك دەبنەوە بۆ پەرستنی
یەزدان، هەروەها شوێنی تێدا دەبێت بۆ ماڵەکانیان
و شوێنی تایبەتیش بۆ پەرستگا. [٥]بیست و پێنج
هەزار باڵیش بە درێژی و دە هەزار باڵ بە پانی
بۆ لێڤییەکان کە خزمەتی پەرستگا دەکەن، وەك
شارۆچکە بۆ نیشتەجێبوونیان دەبێتە موڵك.

[٦]«”بە شارەکەش پارچەیەك زەوی دەدەن وەك
موڵکی خۆی، پێنج هەزار باڵ[d] پانی و بیست و
پێنج هەزار باڵ درێژی دەبێت بە تەریبی بەشە
تەرخانکراوەکە، جا بۆ هەموو بنەماڵەی ئیسرائیل
دەبێت.

[٧]«”بەشە زەوی میریش لەلای ڕۆژهەڵات و لەلای
ڕۆژئاوا بە تەریبی بەشە تەرخانکراوەکە و موڵکی
شارەکە دەبێت. لە سنووری ڕۆژهەڵاتی بەشە
تەرخانکراو و موڵکی شارەکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ
دەریای مردوو، هەروەها لە سنووری ڕۆژئاوای بەشە
تەرخانکراو و موڵکی شارەکەشەوە درێژ دەبێتەوە
بۆ دەریای سپی ناوەڕاست. [٨]ئەم بەشە زەوییە لە
خاکی ئیسرائیلدا بۆ میر دەبێت بە موڵك، لەمەودوا
میرەکانم ستەم لە گەلەکەم ناکەن و بەگوێرەی
هۆزەکانیان زەوییەکە بە بنەماڵەی ئیسرائیل دەدەن.

[٩]«”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەی
میرانی ئیسرائیل ئیتر بەسە! تاڵانی و توندوتیژی
لەنێو خۆتان مەهێڵن و دادوەری و ڕاستودروستی
جێبەجێ بکەن. واز بهێنن لە ستەمکردن لە گەلەکەم.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. [١٠]تەرازووی
تەواو و ئێفەی[e] تەواو و بەتی[f] تەواویان بۆ
بەکاربهێنن. [١١]ئێفە و بەت یەك ئەندازەیان هەبێت،
با بەت دەیەکی حۆمەر و ئێفە دەیەکی حۆمەر
بێت. ئەندازەیان بەپێی حۆمەر دەبێت. [١٢]شاقلیش

[a] ٢٩ لە زمانی عیبری ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان کەسێك کە دەبەخشرێت بە یەزدان.

[b] ١ بیست و پێنج هەزار باڵ: نزیکەی ١٢ کیلۆمەتر، لێرە و لە ئایەتی ٣، ٥، ٦، ٢٠، ٢١.

[c] ٣ دە هەزار باڵ: نزیکەی ٥ کیلۆمەتر، لێرە و لە ئایەتی ٥، ٩، ١٠، ١٣، ١٨.

[d] ٦ پێنج هەزار باڵ: نزیکەی ٢،٤ کیلۆمەتر، لێرە و لە ١٥:٤٨.

[e] ١٠ یەك ئێفە پێوانەی وشکە نزیکەی بیست و دوو لیترە.

[f] ١٠یەك بەت پێوانەی شلەمەنییە نزیکەی بیست و دوو لیترە.

بیست جیره دەبێت، شەست شاقل دەکاتە یەك مەنا،
لەلای ئێوە وا دەبێت.

## دیارییە پێشکەشکراو و ڕۆژە تەرخانکراوەکان

١٣ «”لەسەر ئەم بنچینەیەش دیارییە تایبەتییەکانتان
پێشکەش دەکەن: یەك لە شەستی دروێنەی گەنم و
جۆیەکەت، ١٤ فەرزی زەیتی زەیتوونیش لە سەدا یەکی
بەرهەمی دار زەیتوونەکانتان دەدەن. بەگوێرەی
بەت بیانپێوە: دە بەت حۆمەرێکە، یەك حۆمەریش
دەکاتە یەك کۆڕ. ١٥ هەروەها لە هەر مێگەلێکی
دوو سەد سەر مەڕی لە لەوەڕگا باشەکانی ئیسرائیل
مەڕێك دەبەن، دەیانکەنە پێشکەشکراوی دانەوێڵە و
قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی بۆ کەفارەت
بۆ گەل. ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە. ١٦ ئەمە
دیاری تایبەتە بە میری فەرمانڕەوای ئیسرائیل، کە
لەسەر هەموو گەلی خاکەکە فەرز دەبێت. ١٧ لە
سەرەمانگ و ڕۆژانی شەممە و هەموو جەژنەکانی
بنەماڵەی ئیسرائیل دەبێت میر قوربانی سووتاندن
و پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەراب دابین بکات،
هەر ئەویش قوربانی گوناە و پێشکەشکراوی
دانەوێڵە و قوربانی سووتاندن و قوربانی هاوبەشی
دابین دەکات، هەموو ئەمانەش بۆ کەفارەتکردنە بۆ
بنەماڵەی ئیسرائیل.

١٨ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: لە
مانگی یەك، لە یەکی مانگدا، جوانەگایەکی ساغ
دەبەیت و پیرۆزگا پاك دەکەیتەوە. ١٩ کاهین لە
خوێنی قوربانی گوناهەکە دەبات و لە چوارچێوەی
دەروازەی پیرۆزگا و لە هەر چوار گۆشەکەی لێواری
سەرەوەی قوربانگا و لە چوارچێوەی دەروازەکانی
حەوشەکەی ناوەوەی دەدات. ٢٠ هەروەها لە حەوتی
مانگیشدا بە هەمان شێوە دەکەیت بۆ هەرکەسێك
کە بەبێ ئەنقەست یان بە نەزانی گوناهی کرد، بەم
جۆرە کەفارەت بۆ پەرستگاکە دەکەن.

٢١ «”لە چواردەی مانگی یەکدا، ئەمە ڕۆژی
پەسخەیە[a]، بۆ ئێوە دەبێت بە جەژن، حەوت ڕۆژ
نانی فەتیرە دەخۆن. ٢٢ لەو ڕۆژەدا میر بۆ خۆی و
بۆ هەموو گەلی خاکەکە جوانەگایەك دەکات بە
قوربانی گوناە. ٢٣ هەروەها میر لە حەوت ڕۆژەکەی
جەژنیشدا قوربانی سووتاندن بۆ یەزدان دەکات،
حەوت جوانەگا و حەوت بەرانی ساغ هەموو
ڕۆژێکی ئەو حەوت ڕۆژە، هەر ڕۆژەش گیسکێکی
نێرینە بۆ قوربانی گوناهە. ٢٤ پێشکەشکراوی
دانەوێڵەکەش یەك ئێفە بۆ هەر جوانەگایەك و یەك
ئێفە بۆ هەر بەرانێك و بۆ هەر ئێفەیەکیش یەك
هەین[b] زەیت پێشکەش دەکات.

٢٥ «”ئەو جەژنەی کە لە پازدەی مانگی حەوتدا
دەستپێدەکات، حەوت ڕۆژ دەبێت، هەروەها بە
هەمان شێوە میر هەڵدەستێت بە دابینکردنی
قوربانی گوناە، قوربانی سووتاندن، پێشکەشکراوی
دانەوێڵە و زەیت.

٤٦ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:
دەروازەکەی ڕووەو ڕۆژهەڵات لە
حەوشەکەی ناوەوە شەش ڕۆژی کارکردن داخراو
دەبێت، تەنها لە ڕۆژی شەممە و لە سەرەمانگ
دەکرێتەوە. ٢ میر لە ڕێگای هەیوانی دەروازەکە لە
دەرەوە دێتە ژوورەوە و لەلای نیرگەی دەروازەکە
دەوەستێت و کاهینەکان قوربانی سووتاندنەکە
و قوربانییەکانی هاوبەشی دەکەن، ئەویش لەلای
بەردەرگاکە کڕنۆش دەبات و پاشان دەچێتە دەرەوە،
بەڵام دەروازەکە هەتا ئێوارە داناخرێت. ٣ گەلی
خاکەکەش لە ڕۆژانی شەممە و لە سەرەمانگەکان
لەبەر دەرکی ئەم دەروازەیە لەبەردەم یەزدان
کڕنۆش دەبەن. ٤ ئەو قوربانی سووتاندنەی میر بۆ
یەزدانی پێشکەش دەکات لە ڕۆژی شەممەدا شەش
بەرخی نێری ساغ و بەرانێکی ساغە، ٥ پێشکەشکراوی
دانەوێڵەکەشی یەك ئێفەیە بۆ بەرانەکە و بۆ
بەرخەکانیش پێشکەشکراوی دانەوێڵە ئەوەندەی

[a] ٢١ پەسخە: عیبری پەسەح، واتە تێپەڕبوون یاخود لێخۆشبوون.

[b] ٢٤ نزیکەی چوار لیتر.

بەخشینی دەستی و یەك هەین زەیتیش بۆ ئێفەیەك.
٦ لە سەرەمانگانیشدا، جوانەگایەکی ساغ و شەش
بەرخ و بەرانێکی ساغ پێشکەش دەکات. ٧ میر
پێشکەشکراوی دانەوێڵەکەش ئێفەیەك بۆ جوانەگاکە
دابین دەکات، لەگەڵ ئێفەیەك بۆ بەرانەکە، بۆ
بەرخەکانیش بەگوێرەی ئەوەی لە دەستی دێت، بۆ
هەر ئێفەیەکیش یەك هەین زەیت دابین دەکات.
٨ کاتێك میر دێتە ژوورەوە، لە ڕێگای هەیوانی
دەروازەکەوە دێتە ناوەوە، هەروەها لە هەمان
ڕێگاشەوە دەچێتە دەرەوە.

٩ «”کاتێك لە جەژنەکان گەلی خاکەکە دێنە
ژوورەوە بۆ بەردەم یەزدان، ئەوەی لە ڕێگای
دەروازەی باکوورەوە بۆ کڕنۆش بردن دێتە ژوورەوە،
لە ڕێگای دەروازەی باشوورەوە دەچێتە دەرەوە؛
ئەوەی لە ڕێگای دەروازەی باشوورەوە دێتە
ژوورەوە لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە دەچێتە
دەرەوە. کەس بەو ڕێگایەدا ناگەڕێتەوە کە پێدا
هاتە ژوورەوە، بەڵکو لە ڕێگاکەی بەرامبەرییەوە
دەچێتە دەرەوە. ١٠ گەل بە یاوەری میر دێنە
ژوورەوە و هەروەها دەچنە دەرەوە. ١١ لە جەژن
و جەژنە دیاریکراوەکان پێشکەشکراوی دانەوێڵە
ئێفەیەك بۆ جوانەگا و ئێفەیەك بۆ بەران دەبێت، بۆ
بەرخەکانیش هەرکەسێك بەگوێرەی توانای خۆی و
بۆ هەر ئێفەیەکیش یەك هەین زەیت.

١٢ «”ئەگەر میر بە خواستی خۆی لە پێناوی خودا
بەخشینێکی ئازادی دا، قوربانی سووتاندن یان
قوربانی هاوبەشی بێت، ئەوا ئەو دەروازەیەی ڕووەو
ڕۆژهەڵاتە بۆی دەکرێتەوە. وەك ئەوەی لە ڕۆژانی
شەممەدا دەیکات، میر قوربانی سووتاندنەکەی یان
قوربانییە هاوبەشییەکانی دەکات، پاشان دەچێتە
دەرەوە و لەدوای چوونەدەرەوەکەی دەروازەکە
دادەخرێت.

١٣ «”هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی بەرخێکی
یەك ساڵەی ساغ دەکەیتە قوربانی سووتاندن.
١٤ هەموو بەیانییەك لەگەڵ بەرخەکە پێشکەشکراوی
دانەوێڵەی بۆ دەکەیت، شەش یەکی ئێفەیەك و
زەیتەکەشی سێ یەکی هەینێك بۆ تەڕکردنی ئاردە
سفرەکە، قوربانی خۆراکە بۆ یەزدان، فەرزێکی
هەتاهەتایی بەردەوامە. ١٥ هەموو بەیانییەك بە
بەردەوامی بەرخەکە و پێشکەشکراوی دانەوێڵەکە و
زەیتەکە دەکەنە قوربانی سووتاندن.

١٦ «”یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت: ئەگەر
میر دیارییەکی دایە یەکێك لە کوڕەکانی، ئەوا وەك
میرات بۆ نەوەکانی دەمێنێتەوە، موڵکی خۆیانە بە
میرات. ١٧ بەڵام ئەگەر دیارییەکی دایە یەکێك لە
کۆیلەکانی خۆی، ئەوا هەتا ساڵی ئازادکردنی بۆ
کۆیلەکەی دەبێت، پاشان بۆ میرەکە دەگەڕێتەوە،
بەڵام میراتەکەی خۆی تەنها بۆ کوڕەکانی دەبێت.
١٨ میر لە میراتی گەل نابات، بەوەی لە موڵکی خۆیان
دەریانبکات. لە موڵکی خۆی میرات بە کوڕەکانی
دەدات، بۆ ئەوەی گەلەکەم کەس لە موڵکی خۆی
بێبەش نەبێت.“»

١٩ ئینجا لەو دەرگایەی لەتەنیشت دەروازەکە بوو
منی هێنایە ئەو ژوورە تەرخانکراوانەی ڕووەو باکوور
کە هی کاهینەکان بوون. شوێنێکی نیشاندام لە
کۆتایی ڕۆژئاوای ژوورەکان. ٢٠ پێی فەرمووم: «ئەمە
ئەو شوێنەیە کە کاهینەکان تێیدا قوربانی تاوان و
قوربانی گوناه دەکوڵێنن و لێرە پێشکەشکراوی
دانەوێڵە دەکەن بە نان، نەوەك بیبەنە خانەکانی
دەرەوە و گەل پیرۆز بکەن.»

٢١ ئینجا بردمییە خانەکانی دەرەوە و بەسەر
هەر چوار گۆشەکەی حەوشەکەدا و بینیم لە هەر
گۆشەیەك چێشتخانەیەك هەبوو. ٢٢ لە هەر چوار
گۆشەکەی خانەکانی دەرەوە چێشتخانە هەبوون،
هەر یەکێکیان درێژییەکەی چل باڵ و پانییەکەی
سی باڵ بوو. هەر چوار چێشتخانەکە لە ئەندازەدا
یەکسان بوون. ٢٣ بە چواردەوری هەر چێشتخانەیەکدا
لێوارێکی بەردینی هەبوو، لە دامێنی لێوارەکەش
ئاگردان بوو. ٢٤ پێی فەرمووم: «ئەمانە چێشتخانەن
کە خزمەتکارەکانی پەرستگا قوربانییەکانی گەلی تێدا
لێدەنێن.»

## ڕووبارێك لە پەرستگاوە دەچێتە دەرەوە

٤٧ پاشان پیاوەکە منی هێنایەوە شوێنی هاتنە ژوورەوە بۆ پەرستگاکە و بینیم ئاو لەژێر سەکۆی دەروازەی پەرستگاکەوە هەڵدەقوڵێت و بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات، چونکە پەرستگاکە ڕووەو ڕۆژهەڵات بوو. ئاوەکان لەژێر لای ڕاستی پەرستگاکە لە باشووری قوربانگاکە بەرەو خوار دەڕۆیشتن. [٢]ئینجا لە ڕێگای دەروازەی باکوورەوە منی بردە دەرەوە، لە دەرەوە منی بە ڕێگاکەدا سووڕاندەوە هەتا دەروازەکەی دەرەوە لەو ڕێگایەی ڕووی بەرەو ڕۆژهەڵاتە و ئەوەتا ئاو بەلای باشووردا دەڕوات.

[٣]کاتێك پیاوەکە بەرەو ڕۆژهەڵات چووە دەرەوە گوریسێکی پێوانەشی بە دەستەوە بوو و هەزار باڵی پێوا و بەناو ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکەش هەتا هەردوو قولەپێ بوو. [٤]دووبارە هەزار باڵی دیکەی پێوا و بەناو ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکە تاکو هەردوو ئەژنۆ بوو. پاشان هەزاری دیکەی پێوا و بەناو ئاوەکەدا تێپەڕی کردم و ئاوەکە هەتا ناوقەد بوو. [٥]بە هەمان شێوە هەزاری دیکەی پێوا و بینیم ڕووبارێکە کە نەمتوانی بیپەڕمەوە، چونکە ئاوەکە هەستابوو. ئاوی مەلەکردن بوو، ڕووبارێك بوو کە بواری پەڕینەوەی لێ نەبوو. [٦]لێی پرسیم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بینیت؟»

ئینجا بردمی و منی هێنایەوە کەناری ڕووبارەکە. [٧]کە گەڕامەوە ئەوەتا لە کەناری ڕووبارەکە لێرە و لەوێ داری زۆری لێ بوون. [٨]پێی فەرمووم: «ئەم ئاوە دەردەچێت بەرەو هەرێمی ڕۆژهەڵات و دادەبەزێت بۆ عەراڤا[a] و ئینجا دەچێت بۆ دەریای مردوو. کە دێتە ناو دەریاکە، ئاوی دەریای مردوو سازگار دەکات. [٩]بۆ هەرکوێ ڕووبارەکە بچێت، کۆمەڵی زیندەوەران لەوێ دەژین و ماسیش زۆر زۆر دەبێت، چونکە ئەم ئاوە دەڕژێتە ناو ئاوە سوێرەکان و سازگاریان دەکات و هەموو ئەوەی ڕووبارەکەی بۆ بێت دەژییێت. [١٠]لە کانی گەدی هەتا کانی عەگلەیم ماسیگرەکان لەسەر کەنارەکانی ڕادەوەستن و چەند شوێنێك دەبێت بۆ تۆڕ هەڵدان، ماسییەکانی جۆراوجۆر دەبن وەك ماسییەکانی دەریای سپی ناوەڕاست[b] جۆرەکانی زۆر زۆر دەبێت. [١١]بەڵام گۆم و زۆنگاوەکانی سازگار نابن، بە سوێری دەمێننەوە بۆ خوێگرتن. [١٢]لەسەر کەناری ڕووبارەکە لێرە و لەوێ هەموو دارێکی میوە دەڕوێت کە بەرەکانیان دەخورێت و گەڵاکانی وشك نابن و بەری لێ نابڕێت، بەڵکو هەموو مانگێك بەری تازە دەگرێت، چونکە ئاوەکەی لە پیرۆزگاوە دەردەچێت و بەرەکەی بۆ خواردن و گەڵاکانی بۆ دەرمان دەبن.»

## سنوورەکانی خاکەکە

[١٣]یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرمووێت: «بەپێی ئەم سنوورە خاکەکە وەك میرات دابەش دەکەن بەسەر دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل، یوسفیش دوو بەشی بەردەکەوێت، [١٤]بۆتان دەبێت بە میرات، هەریەکە بەقەد براکەی، سوێندم خوارد بیدەمە باوباپیرانی ئێوە و ئەم خاکە دەبێتە میراتتان.

[١٥]«ئەمە سنووری خاکەکەیە:

لەلای باکوور لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە، لە ڕێگای حەتلۆن دەروازەی حەمات تێ دەپەڕێت هەتا دەگاتە چەداد [١٦]و بێرۆتا و سیڤرەیم کە لەنێوان سنووری دیمەشق و سنووری حەماتە و حەچەر هەتیخۆن کە لەسەر سنووری حەورانە. [١٧]سنووریش لە دەریاوە هەتا حەچەر عێینان درێژ دەبێتەوە، بە باکووری شاری دیمەشقدا دەڕوات هەتا باشووری هەرێمی حەمات. ئەمە شێوەی سنووری باکوور دەبێت.

[١٨]لای ڕۆژهەڵاتیش لە دیمەشقەوە هەتا حەوران دەپێون، پاشان کەناری ڕووباری ئوردون کە لەنێوان گلعاد و خاکی ئیسرائیلە، هەروەها

[a] ٨ شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

[b] ١٠ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری دەریای مەزن، لێرە و لە ئایەتی ١٥و ١٩و ٢٠.

دەریای مردوو هەتا تامار. ئەمە لای ڕۆژهەڵاتە.
[١٩]لای باشووریش، سنوورەکە لە تامارەوە هەتا مێرگی مەریبای قادێش دەڕوات، پاشان بە درێژایی دۆڵی میسر هەتا دەریای سپی ناوەڕاست، ئەمەش لای باشوورە.
[٢٠]لای ڕۆژئاواش، دەریای سپی ناوەڕاست لە سنوورەکەوە هەتا بەرامبەر دەروازەی حەمات، ئەمەش لای ڕۆژئاوایە.

[٢١]«ئەم زەویانە بەپێی هۆزەکانی ئیسرائیل بۆ خۆتان بەش دەکەن. [٢٢]بە تیروپشك میراتەکە دابەش دەکەن بۆ خۆتان و بۆ ئەو نامۆیانەشی لەنێوتان نیشتەجێ بوون کە لەنێوتان منداڵیان دەبێت، لەناو نەوەی ئیسرائیل وەك هاوڵاتی هەژمارد دەکرێن، لەناو هۆزەکانی ئیسرائیل میراتتان لەگەڵ بەش دەکەن. [٢٣]نامۆکە لە سنووری هەر هۆزێك نیشتەجێ دەبێت، لەوێش میراتی دەدەنێ.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

## دابەشکردنی خاکەکە

٤٨ «ئەمانەش هۆزەکانن، کە بەم شێوە بەپێی ناوەکانیان ڕێکخران: لەلای سنووری باکوور، یەك بەش بۆ دان دەبێت، بەلای ڕێگای حەتلۆن هەتا دەروازەی حەمات؛ حەچەر عێینان و سنووری باکووری دیمەشق بەلای حەمات بەشێك لە سنووری دان دەبن، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ لای ڕۆژئاوا.
[٢]«لەسەر سنووری دان، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ ئاشێر بەشێك دەبێت.
[٣]«لەسەر سنووری ئاشێر، لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ نەفتالی بەشێك دەبێت.
[٤]«لەسەر سنووری نەفتالی، لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ مەنەشە بەشێك دەبێت.
[٥]«لەسەر سنووری مەنەشە، لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ ئەفرایم بەشێك دەبێت.
[٦]«لەسەر سنووری ئەفرایم لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ ڕەئوبێن بەشێك دەبێت.
[٧]«لەسەر سنووری ڕەئوبێن لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ یەهودا بەشێك دەبێت.
[٨]«لەسەر سنووری یەهودا لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا ئەو دیارییە تایبەت دەبێت کە پێشکەشی دەکەن، بیست و پێنج هەزار باڵ[a] بە پانی و درێژییەکەشی وەك یەکێك لە بەشی هۆزەکان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ لای ڕۆژئاوا، پیرۆزگاش لەناوەڕاستی دەبێت.
[٩]«ئەو بەشەش کە بۆ یەزدانی تەرخان دەکەن، بیست و پێنج هەزار باڵ درێژی و دە هەزار[b] باڵیش پانی دەبێت. [١٠]ئەمە دەبێتە بەشی تەرخانکراوی کاهینەکان: لەلای باکوورەوە بیست و پێنج هەزار باڵ بە درێژی و لەلای ڕۆژئاواشەوە دە هەزار باڵ بە پانی و لای ڕۆژهەڵاتیش دە هەزار باڵ بە پانی و لەلای باشووریش بیست و پێنج هەزار باڵ بە درێژی دەبێت، پیرۆزگای یەزدانیش لەناوەڕاستیدا دەبێت. [١١]ئەم بەشە بۆ کاهینە تەرخانکراوەکان لە نەوەی سادۆق دەبێت، بۆ ئەوانەی ئەرکەکانی منیان بەجێهێنا، ئەوانەی گومڕا نەبوون کاتێك نەوەی ئیسرائیل گومڕا بوون هەروەك چۆن لێڤییەکان گومڕا بوون. [١٢]ئەمە بۆیان دەبێت بە دیارییەکی تایبەت لە بەشە تەرخانکراوی زەوییەکە، بەشێکی زۆر پیرۆز لەتەنیشت سنووری لێڤییەکان.
[١٣]«بەشە زەوی لێڤییەکانیش بە تەریبی سنووری زەوی کاهینەکان دەبێت، بیست و پێنج هەزار باڵ بە درێژی و دە هەزاریش بە پانی، هەموو درێژییەکەی بیست و پێنج هەزار باڵ و پانییەکەشی دە هەزار باڵ دەبێت. [١٤]نە لێی دەفرۆشن و نە دەیگۆڕن و نە یەکەم بەری زەوییەکە بە کەسی دیکە دەدەن، چونکە تەرخانکراوە بۆ یەزدان.

[a] ٨ بیست و پێنج هەزار باڵ: نزیکەی ١٢ کیلۆمەتر، لێرە و لە ئایەتی ٩، ١٠، ١٣، ١٥، ٢٠، ٢١.
[b] ٩ دە هەزاریش: نزیکەی ٥ کیلۆمەتر، لێرە و لە ئایەتی ١٠، ١٣، ١٨.

[15] «ئەو زەوییەی ماوەتەوە کە پانییەکەی پێنج هەزار باڵ و درێژییەکەی بیست و پێنج هەزار باڵە بۆ هەموو دانیشتووانی شارەکە دەبێت بۆ نیشتەجێبوون و لەوەڕگا، شارەکەش لەناوەڕاستیدا دەبێت. [16] ئەمەش پێوانەکانییەتی، لای باکوور چوار هەزار و پێنج سەد[a] باڵ و لای باشوور چوار هەزار و پێنج سەد باڵ و لای ڕۆژهەڵات چوار هەزار و پێنج سەد باڵ و لای ڕۆژئاوا چوار هەزار و پێنج سەد باڵ. [17] بۆ شارەکەش لەوەڕگا دەبێت بەرەو باکوور دوو سەد و پەنجا باڵ[b]، بەرەو باشوور دوو سەد و پەنجا، بەرەو ڕۆژهەڵات دوو سەد و پەنجا، بەرەو ڕۆژئاوا دوو سەد و پەنجا باڵ. [18] ئەوەی لە درێژییەکە دەمێنێتەوە تەریب بە بەشە تەرخانکراوەکە، دە هەزار باڵ ڕووەو ڕۆژهەڵات و دە هەزار باڵ ڕووەو ڕۆژئاوا، بەروبوومەکەی دەبێت بە خواردن بۆ کرێکارانی شارەکە. [19] کرێکارەکانی شارەکەش کە لە زەوییەکە کار دەکەن، لە هەموو هۆزەکانی ئیسرائیل دەبن. [20] هەموو بەشەکە چوارگۆشەیی دەبێت، ئەندازەی هەر لایەکی بیست و پێنج هەزار باڵە. بەشە تەرخانکراوەکە لەگەڵ موڵکی شارەکە تەرخان دەکەن.

[21] «ئەوەی دەمێنێتەوە لەم لا و لەو لای بەشە تەرخانکراوەکە و موڵکی شارەکەش بۆ میر دەبێت. سنووری زەوی میرەکە بەرەو ڕۆژهەڵات لە بیست و پێنج هەزار باڵەکەی بەشە تەرخانکراوەکەوە هەتا سنووری ڕۆژهەڵات دەبێت، بەرەو ڕۆژئاواش لە بیست و پێنج هەزار باڵەکەوە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست. هەردوو ناوچەکەی تەریب بە بەشی هۆزەکان موڵکی میر دەبن، بەشە تەرخانکراوەکەش لەگەڵ پیرۆزگای پەرستگاکەش لەناوەڕاستیان دەبێت. [22] ئیتر موڵکی لێڤییەکان و موڵکی شارەکەش لە ناوەڕاستی بەشی میرەکە دەبن. بەشی میرەکە لەنێوان سنووری یەهودا و سنووری بنیامین دەبێت.

[23] «سەبارەت بە ئەو هۆزانەش کە ماونەتەوە: لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ بنیامین بەشێك دەبێت:
[24] «لەسەر سنووری بنیامین لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ شیمۆن بەشێك دەبێت.
[25] «لەسەر سنووری شیمۆن لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ یەساخار بەشێك دەبێت.
[26] «لەسەر سنووری یەساخار لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ زەبولون بەشێك دەبێت.
[27] «لەسەر سنووری زەبولون لەلای ڕۆژهەڵات بۆ لای ڕۆژئاوا بۆ گاد بەشێك دەبێت.
[28] «سنووری گاد لەلای باشوور بەرەو باشوور دەبێت، سنوورەکەش لە تامارەوە بۆ مێرگی مەریبای قادێش، لە دۆڵی میسرەوە هەتا دەریای سپی ناوەڕاست[c].
[29] «ئەمە ئەو خاکەیە کە بە میرات بەسەر هۆزەکانی ئیسرائیلدا دابەشی دەکەن و ئەمەش بەشەکانیان دەبێت.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

## دەروازەکانی شارە نوێیەکە

[30] «ئەمانەش دەروازەی چوونە دەرەوەن بۆ شارەکە: ئەندازەی لایەکی شارەکە ڕووەو باکوور چوار هەزار و پێنج سەد باڵە، [31] دەروازەکانی شارەکەش بە ناوی هۆزەکانی ئیسرائیلەوە دەبن، سێ دەروازە ڕووەو باکوور، دەروازەی ڕەئوبێن و دەروازەی یەهودا و دەروازەی لێڤی.
[32] «لەلای ڕۆژهەڵاتیش کە چوار هەزار و پێنج سەد باڵە، سێ دەروازە دەبێت: دەروازەی یوسف، دەروازەی بنیامین و دەروازەی دان.
[33] «لای باشووریش کە چوار هەزار و پێنج سەد باڵە، سێ دەروازە دەبێت: دەروازەی شیمۆن، دەروازەی یەساخار و دەروازەی زەبولون.
[34] «لای ڕۆژئاواش کە چوار هەزار و پێنج سەد باڵە،

[a] ١٦ چوار هەزار و پێنج سەد: نزیکەی ٢,٢ کیلۆمەتر، لێرە و لە ئایەتی ١٦، ٣٠، ٣٢، ٣٣، ٣٤.
[b] ١٧ دوو سەد و پەنجا باڵ: نزیکەی ١٢٠ مەتر.
[c] ٢٨ دەریای سپی ناوەڕاست: عیبری دەریای مەزن.

سێ دەروازە دەبێت: دەروازەی گاد، دەروازەی ئاشێر
و دەروازەی نەفتالی.
٣٥ «چێوەکەش هەژدە هەزار باڵ دەبێت.
«ناوی شارەکەش لەو ڕۆژەوە دەبێتە:
یەزدان لەوێیە.»

# دانیال

## کورتە باسێک

**هەموو کاتێک خودا هەر خودای ڕاستەقینەیە، ئیتر لە هەر بارودۆخێکدا بووی هەر بە چاکەکاری بمێنەوە.**

دانیال لە تەمەنێکی بچووکدا بوو کە ڕاپێچ کرا بۆ بابل، لەگەڵ ئەوەی دیل بوو بەڵام باشترین وانە و زانستی دەخوێند، لەدوای ئەوەی لەگەڵ هەندێک کەسی دیکە هەڵبژێردران بۆ ئەوەی خزمەتی پاشا بکەن. دانیال بە پاڵپشتی خودا توانی باشترین پلە و پایە لە هەردوو وڵاتی بابلی و فارسی وەربگرێت. سەرباری ئەوەی بەهۆی دڵسۆزییەکەی بۆ خودا لەلایەن دوژمنەکانیەوە تووشی چەوسانەوەی زۆر هات، تەنانەت خستیانە نێو چاڵێکی پڕ لە شێری برسی، هەروەها سێ هاوڕێی خرانە نێو ئاگر، کە بە پشتیوانی خودا ڕزگار بوون. پەڕتووکی دانیال مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی بەر لە زایین، پێغەمبەر دانیال بە ڕۆحی پیرۆز نووسیویەتییەوە، کە چەند بەسەرهاتێکی مێژوویی تێدایە کە لە سەردەمی دانیال ڕوویانداوە، هەروەها چەند پێشبینییەکی لەسەر داهاتوو تێدایە. دانیال بە چاوێکی پێشبینیکردنەوە بینیویەتی ئیمپراتۆریەتەکانی جیهان هەر دەبێ لە سەدەکانی داهاتوو لەناوبچن، ئەوەش لە مێژوودا ڕوویدا. بەڵام ئەو پێشبینییانە هەموو شتێک نەبوون، چونکە هێزی خودا و مەسیحی بینیوە، پێشبینی عیسای مەسیحی کردووە کە سنوورێک بۆ خراپە دادەنێت، هەروەها لە ڕۆژانی کۆتایی شانشینی چاکە دادەمەزرێنێت کە کۆتایی نایەت.

بابەتی سەرەکی پەڕتووکی دانیال گەورەیی خودایە. خودا دەسەڵاتدارە بەسەر کاروبارەکانی جیهان، ڕێڕەوی مێژوو بەرەو ئەو کۆتاییە ئاراستە دەکات کە بڕیاری بۆ داوە، بە بەکارهێنانی کاری خەڵک. شانشینەکانی مرۆڤ گەشە دەکەن و لەناودەچن، بەڵام خودا لە ئەزەلەوە هەیە و هەتاهەتاییە. هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت، هیچ کاتێک مەبەستی خودا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ ناگۆڕێت. دانیال پێشبینی کردووە کە مەسیحی ڕزگارکەر دێت. لە سەردەمێکی دیاریکراو پێشبینییەکە هاتە دی، مەسیح بووە جەستە بۆ ئەوەی ببێتە کەفارەتی مرۆڤ. سەردەمێکیش دێت کە خراپە لێژدەبێتەوە و ویستی چاکە سەردەکەوێت، چونکە خودا ئەوەی دەوێت.

### مەشقپێکردنی دانیال لە بابل

١ لە ساڵی سێیەمی پاشایەتی یەهۆیاقیمی پاشای یەهودا، نەبوخودنەسری پاشای بابل هاتە ئۆرشەلیم و گەمارۆی دا. ٢ پەروەردگاریش یەهۆیاقیمی پاشای یەهودای دایە دەستی، لەگەڵ هەندێک لە قاپوقاچاغەکانی پەرستگای خودا. ئیتر یەهۆیاقیم و پیاوە گەورەکانی بۆ خاکی بابل ڕاپێچ کران، نەبوخودنەسریش قاپوقاچاغەکانی لە گەنجینەی پەرستگای خوداوەندی خۆی دانا.

٣ پاشا فەرمانی بە ئەشپەنەزی سەرۆکی دیوان کرد کە لە نەوەی ئیسرائیل لە توخمی پاشا و پیاوماقوڵەکان ٤ چەند گەنجێک بهێنێت کە تەندروستییان باش بێت، ڕوخساریان جوان بێت، لە هەموو بوارەکانی زانیاری کارامە بن، ئامادەییان تێدابێت بۆ فێربوونی هەموو شتێک، زوو تێبگەن، شایانی ئیشکردن بن لە کۆشکی پاشا، بۆ ئەوەی فێری زمان و ڕۆشنبیری بابلییەکان بکرێن. ٥ پاشا لە خوانی خۆیەوە بەشی ڕۆژانەی خواردن و شەرابی بۆ دابین کردن، فەرمانی کرد بۆ ماوەی سێ ساڵ مەشقیان پێ بکرێت، دوای ئەوە خزمەتی پاشا دەکەن.

٦ لەنێو ئەوانەدا هەندێکیان لە نەوەی یەهودا بوون: دانیال و حەنەنیا و میشائیل و عەزەریا. ٧ سەرۆکی کاربەدەستانیش ناوی نوێی لێنان، بۆ دانیال، بێلتەشەسر؛ بۆ حەنەنیا، شەدرەخ؛ بۆ میشائیل، مێشەخ؛ بۆ عەزەریاش، عەبێدنەگۆ.

٨ بەڵام دانیال لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو کە خۆی

بە خواردن و شەرابی پاشایەتییەوە گڵاو نەکات، جا
داوای لە سەرۆکی کاربەدەستان کرد کە دەرفەتی
پێبدات بۆ ئەوەی خۆی گڵاو نەکات. [٩]خوداش وای
لە سەرۆکی کاربەدەستان کرد کە چاکە و میهرەبانی
بە دانیال ببەخشێت. [١٠]بەڵام سەرۆکی کاربەدەستان
بە دانیالی گوت: «من لە پاشای گەورەم دەترسم،
ئەوەی خواردن و خواردنەوەی ئێوەی دیاری
کردووە. ئەگەر ببینێ ڕوخسارت لە ڕوخساری گەنجە
هاوتەمەنەکانت لاوازترە، پاشا بەهۆی تۆوە سەرم
دەبڕێت.»
[١١]دانیالیش بەو سەرپەرشتیارەی گوت کە
سەرۆکی کاربەدەستان بەسەر دانیال و حەنەنیا
و میشائیل و عەزەریاوە داینابوو: [١٢]«تکایە بۆ دە
ڕۆژ خزمەتکارەکانت تاقی بکەوە: تەنها ڕووەکمان
بدەرێ بیخۆین و ئاومان بدەرێ بیخۆینەوە. [١٣]پاشان
ڕوخساری ئێمە لەگەڵ ڕوخساری ئەو گەنجانە
بەراورد بکە کە خواردنی پاشایەتی دەخۆن، ئینجا
بەگوێرەی ئەوەی دەیبینی ئاوامان لەگەڵ بکە.»
[١٤]ئەویش بەمە ڕازی بوو و دە ڕۆژ تاقی کردنەوە.
[١٥]لە کۆتایی دە ڕۆژەکەدا دەرکەوت ڕوخساریان
باشتر و تەندروستترە لە هەموو ئەو گەنجانەی
لە خواردنەکانی پاشایەتییان دەخوارد. [١٦]ئینجا
سەرپەرشتیارەکەیان خواردنە تایبەت و شەرابەکەی
هەڵدەگرت و لە جیاتی ئەوە ڕووەکی دەدانێ.
[١٧]بەڵام ئەو چوار گەنجە، خودا زانین و تێگەیشتنی
دانێ لە هەموو جۆرە ڕۆشنبیری و زانیارییەک،
دانیالیش لە هەموو بینین و خەونێک تێدەگەیشت.
[١٨]لە کۆتایی ئەو ماوەیەی کە پاشا دیاری کردبوو
بیانهێننە بەردەمی، سەرۆکی کاربەدەستان ئەوانی
هێنایە بەردەم نەبوخودنەسر. [١٩]پاشا قسەی لەگەڵدا
کردن، لەنێو هەموویاندا کەس نەبوو وەک دانیال
و حەنەنیا و میشائیل و عەزەریا. لەبەر ئەوە
چوونە ڕیزی خزمەتکارانی پاشا. [٢٠]پاشا لە هەموو
بابەتێکی دانایی و تێگەیشتن پرسیاری لێکردن، بینی
ئەوان دە هێندە لە سەرووی هەموو جادووگەر و
ئەفسونگەرانی هەموو پاشایەتییەکەی ئەون.
[٢١]دانیالیش هەتا ساڵی یەکەمی کۆرشی پاشا لەوێ
مایەوە.

## خەونی نەبوخودنەسر

٢ نەبوخودنەسر پاشا لە ساڵی دووەمی
پاشایەتییەکەی چەند خەونێکی بینی کە بووە
هۆی بێزاربوونی و خەوی لێ زڕا. [٢]جا پاشا فەرمانی
دا جادووگەر و ئەفسونگەر و بەخت خوێنەوەرەوە
و ئەستێرەناسەکان بانگ بکەن، بۆ ئەوەی پێی بڵێن
کە چ خەونێکی بینیوە. کاتێک هاتن و لەبەردەم
پاشادا وەستان، [٣]پاشا پێی گوتن: «خەونێکم بینیوە
هەراسانی کردووم و دەمەوێ بزانم لێکدانەوەکەی
چییە.»
[٤]ئەستێرەناسەکان بە زمانی ئارامی بە پاشایان
گوت: «ئەی پاشا، هەتاهەتایە بژیت! خەونەکە بە
بەندەکانت بڵێ هەتا بۆت لێکبدەینەوە.»
[٥]پاشا وەڵامی ئەستێرەناسەکانی دایەوە:
«ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: ئەگەر خەونەکە و
لێکدانەوەکەیم پێ نەڵێن، پارچەپارچە دەکرێن و
ماڵەکانتان دەبێتە کەلاوە. [٦]بەڵام ئەگەر خەونەکەتان
پێ گوتم و لێکتاندایەوە، لە منەوە دیاری و پاداشت
و ڕێزێکی گەورەتان دەست دەکەوێت. کەواتە
خەونەکەم پێ بڵێن و بۆم لێکبدەنەوە.»
[٧]دووبارە وەڵامیان دایەوە: «با پاشا خەونەکە بە
بەندەکانی بڵێت هەتا بۆت لێکبدەینەوە.»
[٨]ئینجا پاشا وەڵامی دایەوە: «من لەوە دڵنیام
ئێوە دەتانەوێت کات بەدەستبهێنن، چونکە دەزانن
ئەوە بڕیاری کۆتایی منە: [٩]ئەگەر خەونەکەم پێ
نەڵێن، یەک سزاتان هەیە. ئێوە لەسەر درۆ و قسەی
پووچ ڕێککەوتوون هەتا لەبەردەمم بیڵێن، هەتا
بارودۆخەکە دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە خەونەکەم
پێ بڵێن، ئینجا من ئەوە دەزانم کە ئێوە دەتوانن
خەونەکەم بۆ لێکبدەنەوە.»
[١٠]ئەستێرەناسەکانیش وەڵامی پاشایان دایەوە:
«هیچ کەسێک لەسەر زەوی نییە ئەم داوایەی پاشا
جێبەجێ بکات! هەرگیز هیچ پاشایەکی گەورەی

خاوەن دەسەڵات شتێکی وای لە جادووگەر و ئەفسونگەر و ئەستێرەناس داوا نەکردووە. ١١ئەوەی کە پاشا داوای دەکات زۆر قورسە. هیچ کەس ناتوانێت بۆ پاشا ئاشکرای بکات، جگە لە خوداوەندەکان، ئەوانیش نشینگەیان لەگەڵ مرۆڤدا نییە.»

١٢ئەوە پاشای زۆر تووڕە کرد و ڕقی هەستا، فەرمانی دا هەموو داناکانی بابل لەناوببردرێن. ١٣ئینجا فەرمان دەرچوو بۆ کوشتنی داناکان، بەدوای دانیال و هاوڕێکانیشیدا هاتن بۆ ئەوەی بیانکوژن.

١٤کاتێک ئەریۆکی سەرۆکی پاسەوانانی پاشا چوو بۆ ئەوەی داناکانی بابل بکوژێت، دانیال بە دانایی و ڕێزەوە قسەی لەگەڵ کرد، ١٥لە فەرماندەی پاسەوانانی پرسی: «بۆچی فەرمانەکەی پاشا ئەوەندە توندە؟» ئەریۆکیش بابەتەکەی بۆ دانیال ڕوونکردەوە. ١٦لێرەدا دانیال چووە ژوورەوە و داوای لە پاشا کرد کاتی پێبدات، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی خەونەکە بۆ پاشا دەربخات.

١٧ئینجا دانیال گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و بابەتەکەی لە هاوڕێیەکانی گەیاند، لە حەنەنیا و میشائیل و عەزەریا، ١٨بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم نهێنییە داوای بەزەیی لە خودای ئاسمان بکەن، هەتا خۆی و هاوڕێیەکانی لەگەڵ سەرجەم داناکانی بابل لەناونەچن. ١٩لە شەودا، بە بینینێک نهێنییەکە بۆ دانیال ئاشکرا کرا، دانیالیش ستایشی خودای ئاسمانی کرد، ٢٠گوتی:

«ستایش بۆ ناوی خودا لە ئەزەلەوە و بۆ هەتاهەتایە،
چونکە دانایی و توانا هی ئەوە.
٢١ئەو کات و ساتەکان دەگۆڕێت،
پاشایان لادەدات و پاشایان دادەنێت،
دانایی بە داناکان دەبەخشێت و
زانایان فێری تێگەیشتن دەکات.
٢٢ئەو قووڵایی و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات،
ئەو دەزانێت چی لە تاریکیدا شاردراوەتەوە،
ڕووناکی لەلای ئەو نیشتەجێیە.
٢٣ئەی خودای باوباپیرانم، سوپاس و ستایشی تۆ دەکەم:
تۆ دانایی و هێزت پێدام،
تۆ وات کرد ئەوەی داوامان لێ کردی لەلای منەوە زانراو بێت،
تۆ وات کرد ئێمە خەونەکەی پاشا بزانین.»

## دانیال خەونەکەی لێکدەداتەوە

٢٤دوای ئەوە دانیال چوو بۆ لای ئەریۆک، ئەوەی پاشا دەستنیشانی کرد بۆ لەناوبردنی داناکانی بابل، پێ گوت: «داناکانی بابل لەناومەبە. بمبە لای پاشا، من خەونەکەی بۆ لێکدەدەمەوە.»

٢٥ئینجا ئەریۆک بە پەلە دانیالی بردە لای پاشا و گوتی: «پیاوێکم لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی یەهودا دۆزیوەتەوە کە دەتوانێت واتای خەونەکە بە پاشا بڵێت.»

٢٦پاشا لە دانیالی پرسی، کە ناوی بێلتەشەسر بوو: «ئایا دەتوانی ئەو خەونەم پێ بڵێی کە بینیومە و هەروەها لێکی بدەیتەوە؟»

٢٧دانیال وەڵامی دایەوە: «ئەو نهێنییەی پاشا داوای کردووە نە دانا و نە ئەفسونگەر و نە جادووگەر و نە فاڵگرەوە ناتوانن بۆ پاشا لێکی بدەنەوە. ٢٨بەڵام خودایەک لە ئاسمان هەیە نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، ئەو بە نەبوخودنەسری پاشای ڕاگەیاند لە ڕۆژانی داهاتوودا چی دەبێت. کاتێک تۆ لەسەر جێگاکەت بووی، ئەمە بوو ئەو خەون و بینینەی هاتە ناو مێشکت:

٢٩«ئەی پاشا، کاتێک تۆ لەسەر جێگاکەت ڕاکشابووی، بیرت بە لای داهاتوودا چوو، ئاشکراکەری نهێنییەکان بۆی دەرخستی چی ڕوودەدات. ٣٠سەبارەت بە منیش، ئەو نهێنییە بۆ من ئاشکرا کرا، نەک لەبەر ئەوەی من داناییەکی گەورەترم هەبێت لەنێو پیاوەکانی دیکە، بەڵکو بۆ تۆ، ئەی پاشا، تاکو لێکدانەوەکەی بزانیت و هەروەها لە بیرکردنەوەکانت تێبگەیت.

٣١«ئەی پاشا، تۆ تەماشات کرد و پەیکەرێکی

گەورەت لەبەردەمت بینی، پەیکەرێکی زۆر گەورە و درەوشاوە، دیمەنی سەرسوڕهێنەر بوو. [٣٢]سەری پەیکەرەکە لە زێڕی بێگەرد بوو، سنگ و قۆڵەکانی لە زیو بوو، سك و ڕانەکانی لە بڕۆنز بوو، [٣٣]قاچەکانی لە ئاسن بوون و پێیەکانی بەشێکی لە ئاسن و بەشێکیشی لە قوڕی سوورکراوە بوو. [٣٤]کاتێك تەماشات دەکرد، بەردێك بڕایەوە بەبێ ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرکەوێت، لە پێیەکانی پەیکەرەکەی دا کە لە ئاسن و قوڕی سوورکراوە بوون و وردوخاشی کردن. [٣٥]ئینجا ئاسن و قوڕە سوورکراوەکە و بڕۆنز و زیو و زێڕەکە پێکەوە وردوخاش بوون و وەك پووشی سەر جۆخینیان[a] لێهات لە هاویندا، با هەڵیگرت بەبێ ئەوەی شوێنەواری بمێنێت. بەڵام ئەو بەردەی لە پەیکەرەکەی دا، بوو بە کێوێکی گەورە و هەموو زەوی گرتەوە[b].

[٣٦]«ئەمە خەونەکە بوو، ئێستاش با بۆ پاشا لێکی بدەینەوە. [٣٧]تۆ، ئەی پاشا، پاشای پاشایانی. خودای ئاسمان پاشایەتی و دەسەڵات و توانا و ڕێزی پێ بەخشیویت. [٣٨]مرۆڤ و گیانلەبەری دەشتودەر و باڵندەی ئاسمان لەژێر دەستی تۆن، لە هەرکوێیەك بن، تۆی بەسەر هەموویاندا زاڵ کردووە. تۆ ئەم سەرەی کە لە زێڕە.

[٣٩]«پاش تۆ، پاشایەتییەکی دیکە هەڵدەستێتەوە، پایەی لە تۆ نزمترە، دوای ئەوە سێیەم پاشایەتی لە بڕۆنزە، بەسەر هەموو زەویدا زاڵ دەبێت. [٤٠]پاشان پاشایەتی چوارەم دێت، وەك ئاسن ڕەقە، چونکە ئاسن دەکوتێت و هەموو شتێك وردوخاش دەکات، وەك ئەو ئاسنەی تێکدەشکێنێت، ئەمیش هەموو ئەوانی دیکە وردوخاش دەکات و تێکیان دەشکێنێت. [٤١]هەروەك بینیت پێیەکان و پەنجەکان بەشێکیان لە قوڕی سوورکراوە و بەشێکیان لە ئاسن بوون، پاشایەتییەکە بەم شێوەیە دابەشکراو دەبێت، بەڵام هەندێك هێزی ئاسنی تێدا دەبێت، هەروەك بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قوڕی سوورکراوە بوو. [٤٢]هەروەك پەنجەی پێیەکان بەشێکیان لە ئاسن و بەشێکیان لە قوڕی سوورکراوە بوو، جا بەشێك لە پاشایەتییەکە بەهێز و بەشێکیش ناسك دەبێت. [٤٣]هەروەك بینیت ئاسنەکە تێکەڵ بە قوڕە سوورکراوەکە بوو، ئینجا ئەوان تێکەڵ بە وەچەی خەڵکی دەبن، بەڵام ئەمە بە ئەوەوە نانووسێت، هەروەك ئاسن تێکەڵ بە قوڕ نابێت.

[٤٤]«لە سەردەمی ئەم پاشایانەدا خودای ئاسمان پاشایەتییەك دادەمەزرێنێت کە هەرگیز لەناوناچێت، بۆ گەلی دیکە بەجێناهێڵدرێت، هەموو ئەو پاشایەتییانە وردوخاش دەکات و کۆتاییان پێدەهێنێت، ئەو هەتاهەتایە بە چەسپاوی دەمێنێتەوە. [٤٥]ئەمە واتای بینینەیە کە بەردێك لە چیاوە بڕا، بەڵام بە دەستی مرۆڤ نا، ئاسن و بڕۆنز و قوڕی سوورکراوە و زێڕ و زیوەکەی وردوخاش کرد.

«خودای گەورە ئەوەی بە پاشا نیشاندا کە لە داهاتوودا ڕوودەدات. خەونەکە ڕاستە و لێکدانەوەکەشی جێی متمانەیە.»

[٤٦]ئینجا نەبوخودنەسر بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی بۆ دانیال برد، فەرمانی دا دیاری و بخووری پێشکەش بکەن. [٤٧]پاشا بە دانیالی گوت: «بەڕاستی خودای ئێوە خودای خودایانە و گەورەی پاشایانە و ئاشکراکەری نهێنییەکانە، چونکە تۆ توانیت ئەم نهێنییە ئاشکرا بکەیت.»

[٤٨]ئینجا پاشا دانیالی لە پلەیەکی بەرز دانا و دیاری زۆری پێ بەخشی. دەسەڵاتی پێدا بەسەر هەموو هەرێمی بابل و کردییە سەرۆکی هەموو داناکان. [٤٩]سەرباری ئەمەش، لەسەر داوای دانیال پاشا شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆی دەستنیشان کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی بابل، بەڵام دانیال خۆی لە دیوانی پاشا مایەوە.

[a] ٣٥ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[b] ٣٥ عیبری: هەموو زەوی پڕکردەوە.

## پەیکەرە زێڕەکە و کوورە ئاگرەکە

٣ نەبوخودنەسری پاشا پەیکەرێکی لە زێڕ دروستکرد، درێژییەکەی شەست باڵ[a] و پانییەکەی شەش باڵ[b] بوو، لە دەشتی دورا لە هەرێمی بابل داینا. ٢پاشان نەبوخودنەسر پاشا ناردی بەدوای میر[c] و فەرمانڕەوا و پارێزگار و ڕاوێژکار و خەزنەدار و قازی و دادوەر، هەروەها تەواوی کاربەدەستانی دیکەی هەرێمەکان تاوەکو بێن بۆ پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو پەیکەرەی کە نەبوخودنەسر پاشا داینا. ٣ئیتر میر و فەرمانڕەوا و پارێزگار و ڕاوێژکار و خەزنەدار و قازی و دادوەر، هەروەها تەواوی کاربەدەستانی دیکەی هەرێمەکان هاتن بۆ پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو پەیکەرەی نەبوخودنەسری پاشا داینا، لەبەردەم ئەو پەیکەرەی نەبوخودنەسری پاشا داینا وەستان.

٤ئینجا جاڕدەر بە دەنگی بەرز جاڕی دا: «ئەی گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان! فەرمانتان پێکراوە، ٥کاتێك دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و سەمتور و ساز و قیسارە و دووزەلە و هەموو جۆرەکانی مۆسیقا دەبیستن، دەبێت بچنە سەر چۆك و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە زێڕینە ببەن کە نەبوخودنەسری پاشا دایناوە. ٦هەرکەسێك نەچێتە سەر چۆك و کڕنۆش نەبات، هەر ئەو کاتە فڕێدەدرێتە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو.»

٧لەبەر ئەوە هەر کاتێك هەموو گەلان گوێیان لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و سەمتور و ساز و قیسارە و هەموو جۆرەکانی مۆسیقا بووایە، هەموو گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان دەچوونە سەر چۆك و کڕنۆشیان بۆ پەیکەرە زێڕینەکە دەبرد کە نەبوخودنەسری پاشا دینابوو.

٨لەو کاتەدا چەند ئەستێرەناسێك هاتنە پێشەوە و سکاڵایان لە جولەکەکان کرد، ٩بە نەبوخودنەسر پاشایان گوت: «ئەی پاشا، بۆ هەتاهەتایە هەر بژی! ١٠ئەی پاشا، تۆ فەرمانت دەرکرد کە هەرکەسێك گوێی لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و سەمتور و ساز و قیسارە و دووزەلە و هەموو جۆرەکانی مۆسیقا بێت، دەبێت بچێتە سەر چۆك و کڕنۆش بۆ پەیکەرە زێڕینەکە ببات، ١١ئەوەی نەچێتە سەر چۆك و کڕنۆش نەبات، ئەوا فڕێدەدرێتە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو. ١٢بەڵام چەند پیاوێکی جولەکە هەن کە تۆ بەسەر کاروبارەکانی هەرێمی بابلەوە داتناون، شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ. ئەو پیاوانە هیچ گوێت پێ نادەن. ئەی پاشا، خوداوەندەکانی تۆ ناپەرستن و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە زێڕینە نابەن کە داتناوە.»

١٣نەبوخودنەسر زۆر بە قینەوە تووڕە بوو، فەرمانی دا کە شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ بهێنن. ئینجا ئەو پیاوانەیان هێنایە بەردەم پاشا. ١٤نەبوخودنەسریش پێی گوتن: «ئەی شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ، ئایا ڕاستە ئێوە خوداوەندەکانم ناپەرستن و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە زێڕە نابەن کە دامناوە؟ ١٥ئێستا کاتێك گوێتان لە دەنگی کەڕەنا و شمشاڵ و سەمتور و ساز و قیسارە و دووزەلە و هەموو جۆرەکانی مۆسیقا دەبێت، ئەگەر ئامادە بن بچنە سەر چۆك و کڕنۆش بۆ ئەو پەیکەرە ببەن کە دروستم کردووە، زۆر باشە. بەڵام ئەگەر کڕنۆش نەبەن، هەر لەو کاتەدا فڕێدەدرێنە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو. ئیتر ئەو خوداوەندە کێیە لە دەستم ڕزگارتان دەکات؟»

١٦شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ وەڵامی پاشایان دایەوە: «ئەی نەبوخودنەسر، پێویستمان بەوە نییە لەسەر ئەم بابەتە وەڵامت بدەینەوە. ١٧ئەی پاشا، ئەگەر بمانخەیتە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو، ئەو خودایەی دەیپەرستین دەتوانێت ڕزگارمان بکات، لە دەستی تۆ دەربازمان دەکات. ١٨ئەی پاشا، تەنانەت ئەگەر ڕزگاریشی نەکردین، دەمانەوێ تۆ بزانیت، ئێمە خوداوەندەکانی تۆ ناپەرستین و کڕنۆش بۆ پەیکەرە زێڕینەکەش نابەین کە داتناوە.»

[a] ١ شەست باڵ: نزیکەی ٢٧ مەتر.
[b] ١ شەش باڵ: نزیکەی ٢,٧ مەتر.
[c] ٢ لە دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی بابلی میری میرنشینەکان وەك فەرمانبەر لەلایەن ئیمپڕاتۆرەوە دانراوە.

١٩ئینجا نەبوخودنەسر زۆر لە شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ تووڕە بوو، ڕوخساری گۆڕا. فەرمانی دا کە کوورەکە حەوت جار زیاتر گەرم بکەن لەوەی کە هەمیشە گەرم دەکرێت، ٢٠هەروەها فەرمانی بە هەندێك لە بەهێزترین سەربازی سوپاکەی کرد کە شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ پەلبەست بکەن و فڕێیان بدەنە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو. ٢١ئیتر ئەو پیاوانە بە کراس و شەرواڵ و سەر کراس و جلوبەرگەکانیانەوە پەلبەست کران و فڕێدرانە ناو کوورەی ئاگری داگیرساو. ٢٢فەرمانەکەی پاشا زۆر توند بوو، کوورەکە زۆر گەرم کرابوو، بڵێسەی ئاگرەکە ئەو پیاوانەی کوشت کە شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆیان بەرزکردەوە. ٢٣ئەو سێ پیاوەش بە پەلبەستکراوی کەوتنە ناو کوورە ئاگرە داگیرساوەکە.

٢٤لەو کاتەدا نەبوخودنەسر سەری سوڕما و بە پەلە هەستا و بە ڕاوێژکارەکانی گوت: «ئایا سێ پیاوی پەلبەستکراومان فڕێنەدایە ناو ئاگرەکە؟»

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «ڕاستە، ئەی پاشا.»

٢٥ئەویش گوتی: «تەماشا بکەن! من چوار پیاو دەبینم دەست و پێ کراوە بەناو ئاگرەکەدا دێن و دەچن، هیچ ئەزیەتیان پێ نەگەیشتووە، ڕوخساری چوارەمیان لە کوڕی خوداوەندەکان دەچێت.»

٢٦نەبوخودنەسر لە دەرگای کوورە ئاگرە داگیرساوەکە نزیك بووەوە و هاواری کرد: «ئەی شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ! ئەی بەندەکانی خودای هەرەبەرز، وەرنە دەرەوە! وەرنە ئێرە!»

ئینجا شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ لەناو ئاگرەکە هاتنە دەرەوە. ٢٧میر و فەرمانڕەوا و پارێزگار و ڕاوێژکارانی پاشا کۆبوونەوە، ئەو پیاوانەیان بینی کە ئاگرەکە هیچ هێزێکی لەسەر لەشیان نەبووە، تاڵە موویەکی سەریان نەسووتاوە، ڕەنگی شەرواڵەکانیان نەگۆڕاوە، بۆنی ئاگرەکەشیان نەگرتووە.

٢٨ئینجا نەبوخودنەسر گوتی: «ستایش بۆ خودای شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ، ئەوەی فریشتەکەی خۆی نارد و بەندەکانی خۆی ڕزگار کرد، ئەوانەی پشتیان بەو بەست و فەرمانی پاشایان شکاند، گیانی خۆیان بەخشی بۆ ئەوەی کڕنۆش بۆ خودایەکی دیکە بێجگە لە خوداکەیان نەبەن و نەیپەرستن. ٢٩لەبەر ئەوە من فەرمان دەکەم خەڵکی هەر نەتەوە و زمانێك بە خراپە باسی خوداکەی شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ بکەن، پارچەپارچە دەکرێن و ماڵەکانیان دەبێتە کەلاوە، چونکە هیچ خودایەکی دیکە نییە بتوانێت ئاوا ڕزگار بکات.»

٣٠دوای ئەوە پاشا پایەی شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆی لە هەرێمی بابلدا بەرزکردەوە.

## دارێك لە خەونی نەبوخودنەسر

٤ لە نەبوخودنەسری پاشاوە،
بۆ هەموو گەل و نەتەوە و خەڵکی هەموو زمانەکان کە لە هەموو زەویدا نیشتەجێن:
هەر سەرکەوتوو بن!

٢بە باشم زانی ئەو نیشانە و پەرجووانە[a] ڕابگەیەنم کە خودای هەرەبەرز لەگەڵ مندا کردی.

٣نیشانەکانی چەند گەورەن و
کارە پەرجووەکانی چەند بەهێزن!
پاشایەتییەکەی پاشایەتی هەتاهەتاییە و
دەسەڵاتیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە.

٤من نەبوخودنەسرم، لە ماڵەکەم بێ خەم بووم و لەناو کۆشکەکەمدا ئاسوودە بووم. ٥خەونێکم بینی منی ترساند، کاتێك لەناو نوێنەکەم ڕاکشابووم، ئەو شتانەی بە مێشکمدا هاتن و بینینەکەم منیان تۆقاند. ٦ئینجا فەرمانم کرد هەموو داناکانی بابل بهێننە بەردەمم بۆ لێکدانەوەی خەونەکەم. ٧کاتێك جادووگەر و ئەفسونگەر و ئەستێرەناس و فاڵگرەوە هاتن، خەونەکەم بۆ گێڕانەوە، بەڵام نەیانزانی لێکی بدەنەوە. ٨لە کۆتاییدا دانیال هاتە بەردەمم، ئەوەی ناوی بێلتەشەسرە، ناوێکی

[a] ٢ پەرجوو: موعجیزە.

خوداوەندانەیە، ڕۆحی خوداوەندە پیرۆزەکانی
تێدایە، خەونەکەم بۆی گێڕایەوە.
٩ گوتم: «بێلتەشەسر، گەورەی جادووگەران،
لەبەر ئەوەی کە دەزانم ڕۆحی خوداوەندە
پیرۆزەکانت تێدایە، هیچ نهێنییەك بۆ تۆ قورس
نییە. ئەوە خەونەکەمە، بۆم لێکبدەوە. ١٠ کە
لەناو نوێنەکەم ڕاکشابووم ئەم بینینانەم بۆ
ئاشکرا کرا: تەماشام کرد، لەبەردەمم دارێکی
زۆر بەرز لە ناوەڕاستی خاکەکەیە. ١١ دارەکە
گەشەی کرد و بەهێز بوو، بەرزی گەیشتە
ئاسمان، لەوپەڕی زەوی دەبینرا. ١٢ گەڵاکانی
جوان بوو، بەروبوومی زۆر بوو، بەشی
هەمووان خواردنی تێدابوو. گیانلەبەرانی
دەشتودەر لەژێر سێبەرەکەیدا بوون،
باڵندەکانی ئاسمان لە لقەکانیدا نیشتەجێ
بوون، هەموو بوونەوەر لێیان خوارد.
١٣ «لەو بینینانەی بۆم ئاشکرا کران کاتێك
لەناو نوێنەکەم ڕاکشابووم، تەماشام کرد،
فریشتەیەکی پیرۆز لە ئاسمانەوە هاتە
خوارەوە. ١٤ بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
”دارەکە ببڕنەوە و لقەکانی بشکێنن، گەڵاکانی
بوەرێنن و بەرەکەی پەرتوبڵاو بکەنەوە. با
گیانلەبەران لە ژێری و باڵندە لە لقەکانی
هەڵبێن. ١٥ بەڵام با بنەدارەکە و ڕەگەکەی کە
بە ئاسن و بڕۆنز بەستراون لەناو گژوگیای
زەوی بمێننەوە.

«”با بە شەونمی ئاسمان تەڕ بێت، با لەگەڵ
گیانلەبەران لەنێو گژوگیای زەوی بژیێت.
١٦ با مێشکی لە مرۆڤەوە بگۆڕێت و مێشکی
ئاژەڵی بدرێتێ، هەتا حەوت ساڵی بەسەردا
تێدەپەڕێت.[a]

١٧ «”ئەو بڕیارە لەلایەن فریشتەکانەوە
ڕاگەیەنرا، ئەو حوکمە بە پیرۆزەکان دراوە، بۆ
ئەوەی زیندووان بزانن کە خودای هەرەبەرز
دەسەڵاتدارە بەسەر پاشایەتی مرۆڤدا،
هەروەها دەیداتە هەر یەکێك بیەوێت، پایە
نزمترین کەسی لەسەر دادەنێت.“
١٨ «من نەبوخودنەسر پاشام، ئەم خەونەم
بینی. ئێستا تۆ ئەی بێلتەشەسر، لێکی بدەوە،
چونکە هەموو دانایانی پاشایەتییەکەم ناتوانن
بۆمی لێك بدەنەوە. بەڵام تۆ دەتوانیت، چونکە
ڕۆحی خوداوەندە پیرۆزەکانت تێدایە.»

## دانیال خەونەکە لێك دەداتەوە

١٩ لەو کاتەدا دانیال کە ناوی بێلتەشەسر
بوو، بۆ ماوەیەك واقی وڕما و بیرکردنەوەکانی
ترساندی، پاشاش گوتی: «بێلتەشەسر، با
خەونەکە و لێکدانەوەکەی نەتترسێنن.»
بێلتەشەسریش وەڵامی دایەوە:
«گەورەم، خۆزگە خەونەکە بۆ نەیارانت
و لێکدانەوەکەشی بۆ دوژمنانت بووایە!
٢٠ ئەو دارەی کە بینیت گەورە و بەهێز بوو،
بەرزییەکەی گەیشتە ئاسمان، لە هەموو
زەوییەوە دەبینرا، ٢١ گەڵاکانی جوان بوون،
بەروبوومی زۆر بوو، بەشی هەمووان خواردنی
تێدابوو، لە ژێریدا گیانلەبەرانی دەشتودەر
نیشتەجێ بوون و لە لقەکانیدا باڵندەکانی
ئاسمان نیشتەجێ بوون. ٢٢ ئەی پاشا، ئەو دارە
تۆیت! تۆ گەورە بوویت و بەهێز بوویت،
گەورەییت زیادی کردووە و گەیشتووەتە
ئاسمان، دەسەڵاتیشت هەتا ئەوپەڕی زەوی.
٢٣ «ئەی پاشا تۆ فریشتەیەکت بینی،
پیرۆزێك لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و گوتی:
”دارەکە ببڕنەوە و لەناوی ببەن، بەڵام واز لە
بنەدارەکەی بهێنن، بە ئاسن و بڕۆنز بەستراون،
لەنێو گژوگیای زەویدا بێت، ڕەگەکانی لە
زەویدا بمێنێتەوە. با بە شەونمی ئاسمان تەڕ
بێت، با لەگەڵ ئاژەڵی کێوی بژیێت، هەتا
حەوت ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت.“
٢٤ «ئەی پاشا، ئەمە لێکدانەوەکەیەتی، ئەمە
بڕیاری خودای هەرەبەرزە کە بەسەر پاشای

[a] ١٦ عیبری: حەوت کاتی بەسەردا تێبپەڕێت.

گەورەمدا دێت: [٢٥] لەنێو خەڵکدا دەردەکرێیت و لەگەڵ ئاژەڵی کێوی دەژیت، وەك گا گژوگیات دەرخوارد دەدرێت و بە شەونمی ئاسمان تەڕ دەکرێیت و حەوت ساڵ بەسەرتدا تێدەپەڕێت هەتا دان بەوەدا دەنێیت کە هەرەبەرزەکە دەسەڵاتدارە لە پاشایەتی مرۆڤدا و دەیدات بەوەی خواستی خۆیەتی. [٢٦] ئەو فەرمانەی درا بە وازهێنان لە بنەدارەکە و ڕەگەکانی دارەکە، واتە پاشایەتییەکەت بۆ خۆت دەگەڕێتەوە، کاتێك دان بەوەدا دەنێیت کە ئاسمان دەسەڵاتدارە. [٢٧] ئەی پاشا، لەبەر ئەوە با ڕاوێژەکەم لەلات پەسەند بێت: واز لە گوناه و تاوان بهێنە، چاکە بکە و لەگەڵ هەژارەکان میهرەبان بە، بەڵکو ئاسوودەییت بەردەوام بێت.»

## هاتنە دی خەونەکە

[٢٨] هەموو ئەم شتانە بەسەر نەبوخودنەسری پاشادا هات. [٢٩] پاش دوازدە مانگ کاتێك لە سەربانی کۆشکی پاشایەتی بابلدا هاتوچۆی دەکرد، [٣٠] پاشا گوتی: «ئایا ئەمە بابلی مەزن نییە کە بۆ ماڵی پاشایەتی بە هێزی توانای خۆم و بۆ شانازی شکۆمەندی خۆم بنیادم نا؟»

[٣١] هێشتا وشەکە لە دەمی پاشادا بوو، دەنگێك لە ئاسمانەوە هات و گوتی: «ئەی نەبوخودنەسری پاشا، بڕیار لەسەر تۆ دراوە: پاشایەتیت لێ دەستێنرێتەوە. [٣٢] لەنێو خەڵکدا دەردەکرێیت و لەگەڵ ئاژەڵی کێوی دەژیت، وەك گا گژوگیات دەرخوارد دەدرێت. حەوت ساڵ بەسەرتدا تێدەپەڕێت هەتا دان بەوەدا دەنێیت کە هەرەبەرزەکە دەسەڵاتدارە لە پاشایەتی مرۆڤدا و دەیدات بەوەی خواستی خۆیەتی.»

[٣٣] هەر لەو کاتەدا کارەکە بەسەر نەبوخودنەسردا جێبەجێ بوو. لەنێو خەڵك دەرکرا و وەك گا گیای خوارد. لاشەکەی بە شەونمی ئاسمان تەڕ بوو هەتا مووی وەك پەڕی هەڵۆ درێژ بوو و نینۆکەکانی وەك باڵندە.

[٣٤] لە کۆتایی ماوەکەدا، من نەبوخودنەسرم، چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و هۆشم گەڕایەوە. ئینجا سوپاس و ستایشی هەرەبەرزەکەم کرد و شکۆدارم کرد کە بۆ هەتاهەتایە زیندووە.

دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتی هەتاهەتاییە و
پاشایەتییەکەی بۆ نەوە دوای نەوەیە.
[٣٥] هەموو دانیشتووانی زەوی
وەك هیچ دانراون.
ئەو بە خواستی خۆی دەکات
لەگەڵ هێزەکانی ئاسمان و
دانیشتووانی زەوی.
کەس نییە دەستی بگرێت
یان پێی بڵێت، «چی دەکەیت؟»

[٣٦] لەو کاتەدا هۆشم گەڕایەوە، شانازی پاشایەتییەکەم بۆم گەڕایەوە لەگەڵ شکۆمەندی و گەورەییم. ڕاوێژکاران و گەورە پیاوەکانم داوایان کردمەوە، لەسەر پاشایەتییەکەم جێگیر بووم و گەورەییم زۆر زیادی کرد. [٣٧] ئێستاش من نەبوخودنەسرم، سوپاس و ستایشی پاشای ئاسمان دەکەم و شکۆداری دەکەم، ئەوەی هەموو کارەکانی ڕاستن و ڕێگاکانی دادپەروەرن، ئەوانەی بە لووتبەرزییەوە هەڵسوکەوت بکەن ئەو دەتوانێت زەلیلیان بکات.

## نووسراوەکەی سەر دیوار

٥ بێلشەسری پاشا خوانێکی گەورەی بۆ هەزار گەورە پیاوەکەی سازکرد و شەرابی لەگەڵیان خواردەوە. [٢] لەو کاتەی کە بێلشەسر شەرابەکەی دەنۆشی فەرمانی دا ئەو قاپوقاچاغە زێڕ و زیوە بهێنن کە نەبوخودنەسری باوکی[a] لەو پەرستگایەی

[a] ٢ باوك: دەشێت باپیرە گەورەی بێت.

له ئۆرشەلیمە دەریهێنابوون، بۆ ئەوەی پاشا و گەورە
پیاو و ژن و کەنیزەکانی پێی بخۆنەوە. ٣ئینجا ئەو
قاپوقاچاغە زێڕەیان هێنا کە لە پەرستگای ماڵی
خودا لە ئۆرشەلیمەوە دەرهێنرابوو، پاشا و گەورە
پیاو و ژن و کەنیزەکانی پێیان خواردەوە. ٤شەرابیان
دەخواردەوە و ستایشی خوداوەندە زێڕ و زیو و
بڕۆنز و ئاسن و دار و بەردینەکانیان دەکرد.

٥لەناکاو پەنجەکانی دەستێکی مرۆڤانە دەرکەوت
و لەسەر گەچی دیوارەکەی کۆشکی پاشا لەتەنیشت
چرادانەکە دەستی بە نووسین کرد، پاشاش تەماشای
دەستەکەی کرد کە دەینووسی. ٦ئینجا ڕەنگی پاشا
پەڕی و بیرکردنەوەکانی تۆقاندیان و قاچەکانی
هێزیان لێ برا و ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین.

٧پاشا بە دەنگی بەرز هاواری کرد کە ئەفسونگەر
و ئەستێرەناس و فاڵگرەوەکان بهێننە ژوورەوە.
پاشا بەم دانایانەی بابلی گوت: «هەر پیاوێك ئەو
نووسینە بخوێنێتەوە و بۆم لێکبداتەوە، ئەوا جلی
ڕەنگی ئەرخەوانی لەبەر دەکرێت، ملوانکەی زێڕیش
لە ملی دەکرێت و لە پاشایەتییەکەدا دەبێتە سێیەم
دەسەڵاتدار.»

٨ئینجا هەموو داناکانی پاشا چوونە ژوورەوە،
بەڵام نەیانتوانی نووسینەکە بخوێننەوە و بۆ پاشا
لێکی بدەنەوە. ٩لەبەر ئەوە بێلشەسر زۆر ترسا و
ڕەنگی گۆڕا و گەورە پیاوەکانیش شڵەژان.

١٠بەڵام شاژنی دایك لەبەر دەنگی پاشا و
گەورە پیاوانی چووە هۆڵی خوانەکە، شاژن بە
پاشای گوت: «ئەی پاشا، هەتاهەتایە هەر بژی! با
بیرکردنەوەکانت نەتترسێنن و ڕەنگت نەگۆڕێت!
١١لە پاشایەتییەکەتدا پیاوێك هەیە ڕۆحی خودا
پیرۆزەکانی تێدایە، لە سەردەمی باوکت ڕووناکبیری
و زیرەکی و داناییەکی وەك دانایی خوداوەندەکانی
تێدا بەدی کراوە. نەبوخودنەسری پاشای باوکت
کردی بە گەورەی جادووگەر و ئەفسونگەر و
ئەستێرەناس و فاڵگرەوەکان. ١٢ئەو پیاوە دانیالە، کە
پاشا ناوی لێناوە بێلتەشەسر، کە ڕۆحێکی تەواو و
زانین و زیرەکی و لێکدانەوەی خەون و هەڵهێنانی
مەتەڵ و چارەسەرکردنی گیروگرفتی تێدا بینراوە. با
ئێستا دانیال بانگ بکرێت و لێکی بداتەوە.»

١٣ئینجا دانیال هێنرایە بەردەم پاشا، پاشاش
پێی گوت: «ئایا تۆ ئەو دانیالەی کە لە نەوە
ڕاپێچکراوەکانی یەهودایت، ئەوەی پاشای باوکم
لە یەهوداوە هێنای؟ ١٤بیستوومە کە ڕۆحی
خوداوەندەکان و ڕووناکبیری و زیرەکی و دانایی
تەواوت تێدایە. ١٥ئێستاش دانا و ئەفسونگەرەکان بۆ
بەردەمم هێنرانە ژوورەوە، بۆ ئەوەی ئەم نووسینە
بخوێننەوە و پێم بڵێن مەبەستی چییە، بەڵام
نەیانتوانی لێکی بدەنەوە. ١٦من بیستوومە کە تۆ
دەتوانیت شت لێکبدەیتەوە و نهێنییە شاراوەکان
ئاشکرا بکەیت. ئەگەر ئێستا توانیت ئەو نووسینە
بخوێنیتەوە و بۆم لێکبدەیتەوە، ئەوا جلی ڕەنگ
ئەرخەوانیت لەبەر دەکرێت و ملوانکەی زێڕیش لە
ملت دەکرێت و لە پاشایەتییەکەدا دەبیتە سێیەم
دەسەڵاتدار.»

١٧دانیالیش وەڵامی پاشای دایەوە: «با دیارییەکانت
بۆ خۆت بن و پاداشتەکانت بە کەسێکی دیکە بدە،
بەڵام من نووسینەکە بۆ پاشا دەخوێنمەوە و بۆی
لێکدەدەمەوە.

١٨«ئەی پاشا، خودای هەرەبەرز پاشایەتی و
گەورەیی و شکۆمەندی و هێزی دایە نەبوخودنەسری
باوکت. ١٩بەهۆی ئەو گەورەییەی کە پێیدا، هەموو
گەلان و نەتەوەکان و خەڵکی هەموو زمانەکان
لەبەردەمی دەتۆقین و دەلەرزین. ئەوەی ویستی
کوشتی و ئەوەی ویستی بە زیندوویی هێشتییەوە
و ئەوەی ویستی بەرزی کردەوە و ئەوەی ویستی
نزمی کردەوە. ٢٠بەڵام کاتێك دڵی بە فیز بوو و کەللە
ڕەق بوو، لە تەختی پاشایەتی هێنرایە خوارەوە و
شکۆیەکەی لێسەنرایەوە. ٢١لەنێو خەڵکدا دەرکرا
و مێشکی وەك مێشکی ئاژەڵی لێهات، لەگەڵ
کەرەکێوی دەژیا و وەك گا گژوگیای دەخوارد، لەشی
بە شەونمی ئاسمان تەڕبوو، هەتا دانی بەوەدا نا
کە خودای هەرەبەرز دەسەڵاتی لەسەر پاشایەتی
مرۆڤدا هەیە، دەیدات بەوەی خواستی خۆیەتی.

٢٢«بەڵام تۆ ئەی بێلشەسری کوڕی، لەگەڵ ئەوەی
هەموو ئەمەت زانی، خۆتت نزم نەکردووەتەوە.
٢٣بەڵکو خۆتت لە پەروەردگاری ئاسمان بە بەرزتر
زانی، قاپوقاچاغەکانی پەرستگاکەی ئەویان هێنایە
بەردەمت و تۆش خۆت و گەورە پیاوان و ژنەکانت
و کەنیزەکانت تێیاندا شەرابتان خواردەوە. ستایشی
بتە زێڕ و زیو و بڕۆنز و ئاسن و دار و بەردەکانت
کرد، کە نابینن و تێناگەن و نازانن. بەڵام خودا
ئەوەی هەناسەی تۆ و هەموو ڕێگاکانت بە دەستی
ئەوە، ئەوت شکۆدار نەکرد. ٢٤لەبەر ئەوە ئەو دەستە
لەلای ئەوەوە نێردرا و ئەم نووسینەی نووسی.

٢٥«ئەمە ئەو نووسینەیە کە نووسراوە:
مەنێ[a]، مەنێ، تەقێل[b] و پەرسین[c].

٢٦«ئەمەش لێکدانەوەی وشەکانە:

مەنێ: خودا ڕۆژانی پاشایەتییەکەی تۆی ژمارد و
کۆتایی پێ هێنا.
٢٧تەقێل: بە تەرازووەکان کێشرایت و نەقوستان
دەرچوویت.
٢٨پەرس: پاشایەتییەکەت دابەش کرا و درایە ماد و
فارس.»

٢٩ئینجا بێلشەسر فەرمانی دا جلی ڕەنگی
ئەرخەوانی لەبەر دانیال بکەن و ملوانکەی زێڕیش
لە ملی بکەن و جاڕبدەن کە لە پاشایەتییەکەدا بووە
سێیەم دەسەڵاتدار.
٣٠هەر لەو شەوەدا بێلشەسری پاشای بابلییەکان
کوژرا، ٣١داریوشی ماد لە تەمەنی شەست و دوو
ساڵیدا دەستی بەسەر پاشایەتییەکەدا گرت.

## دانیال لەناو چاڵی شێرەکان

٦ داریوش پێی باش بوو سەد و بیست میر
بەسەر پاشایەتییەکەوە دابنێت، بەسەر
هەموو پاشایەتییەکەوە بن. ٢لە سەرووی ئەوانیشەوە
سێ وەزیر، یەکێکیان دانیال بوو، بۆ ئەوەی میرەکان
هەژمارەکان بخەنە بەردەمیان تاکو پاشا زیانی
پێ نەگات. ٣ئەوە بوو دانیال لە هەموو وەزیر
و میرەکان پێشکەوتووتر بوو، چونکە توانایەکی
نائاسایی هەبوو، پاشاش پلانی هەبوو کە لەسەر
هەموو پاشایەتییەکە دایبنێت. ٤لەبەر ئەوە وەزیر و
میرەکان هەوڵیان دا هۆیەك ببیننەوە بۆ سکاڵاکردن
لە دژی دانیال سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری
پاشایەتییەکە، بەڵام نەیانتوانی هیچ گەندەڵییەك لە
دانیال ببیننەوە، چونکە دەستپاك بوو و گەندەڵی و
کەمتەرخەمی تێدا نەبوو. ٥ئینجا ئەو پیاوانە گوتیان:
«هیچ هەڵەیەك لەم دانیالەدا نابینینەوە، تەنها
ئەگەر لەبارەی شەریعەتی[d] خوداکەیەوە نەبێت.»
٦جا ئەو وەزیر و میرانە لەلای پاشا کۆبوونەوە و
پێیان گوت: «ئەی داریوش پاشا، هەتاهەتایە هەر
بژی! ٧هەموو وەزیرەکانی پاشایەتییەکە و فەرمانڕەوا
و میر و ڕاوێژکار و پارێزگارەکان ڕاوێژیان کرد وابکەن
پاشا فەرمانێك دەربکات و بڕیارەکە جێبەجێ بکات
کە هەرکەسێك بۆ ماوەی سی ڕۆژ هەر داوایەك لە
خوداوەندێك یان مرۆڤێك بکات، جگە لە تۆ، ئەی
پاشا، با فڕێبدرێتە ناو چاڵی شێرەکان. ٨ئێستاش ئەی
پاشا فەرمانەکە دەربکە و ئیمزای لەسەر بکە، بۆ
ئەوەی هەروەك یاساکانی ماد و فارس نەگۆڕ بێت کە
پووچەڵ نابێتەوە.» ٩ئیتر داریوشی پاشا فەرمانەکەی
نووسی و ئیمزای کرد.
١٠کە دانیال بە ئیمزاکردنی فەرمانەکەی زانی،
گەڕایەوە ماڵەوە، چووە ژوورەکەی سەرەوە کە
پەنجەرەکەی ڕووەو ئۆرشەلیم دەکرایەوە. سێ جار
لە ڕۆژێکدا چووە سەر چۆك و لەبەردەم خوداکەی
نوێژی کرد و سوپاسی کرد، هەروەك پێش ئەوە
دەیکرد. ١١ئینجا ئەو پیاوانە پێکەوە کۆبوونەوە،
بینییان دانیال لەبەردەم خوداکەیدا نوێژ دەکات
و دەپاڕێتەوە. ١٢دەستبەجێ چوونە لای پاشا و
سەبارەت بە فەرمانە پاشایەتییەکەی قسەیان کرد:

[a] ٢٥ واتە ژمێردراوە.
[b] ٢٥ بە واتای شاقل یان کێشراو دێت.
[c] ٢٥ کۆی (پەرس)، بە واتای نیوە شاقل یان خاکی فارس یان دابەشکراو دێت.

[d] ٥ مەبەستی لە شەریعەتی موسایە.

«ئەی پاشا، ئایا تۆ فەرمانێکت ئیمزا نەکرد کە
هەرکەسێك بۆ ماوەی سی ڕۆژ لە هەر خوداوەندێك
یان مرۆڤێك داوایەك بکات جگە لە تۆ ئەی پاشا،
فڕێدەدرێتە ناو چاڵی شێرەکانەوە؟»
پاشا گوتی: «فەرمانەکە ڕاستە و هەروەك
یاساکانی ماد و فارس وایە کە پووچ نابێتەوە.»
١٣ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و لەبەردەم پاشا
گوتیان: «ئەو دانیالەی لە نەوە ڕاپێچکراوەکانی
یەهودایە، ئەی پاشا، هیچ گوێی نە بە تۆ و نە بەو
فەرمانەی کە ئیمزات کردووە نەداوە، بەڵکو ڕۆژانە
سێ جار نوێژ دەکات.» ١٤کە پاشا گوێی لەم قسەیە
بوو زۆر دڵتەنگ بوو، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی
دانیال دەرباز بکات و هەتا خۆر ئاوابوون هەوڵی دا
ڕزگاری بکات.
١٥بەڵام ئەو پیاوانە لەلای پاشا کۆبوونەوە و
بە پاشایان گوت: «ئەی پاشا، لە یادت نەچێت کە
یاساکانی ماد و فارس ئەوەیە کە هەر فەرمان و
بڕیارێك پاشا دەریبکات، ناگۆڕدرێت.»
١٦ئینجا پاشا فەرمانی دا، دانیالیان هێنا و فڕێیان
دایە ناو چاڵی شێرەکان. پاشا بە دانیالی گوت: «با
خوداکەت کە تۆ بە بەردەوامی خزمەتی دەکەیت،
ئەو ڕزگارت بکات.»
١٧بەردێك هێنرا و لەسەر دەمی چاڵەکە دانرا، پاشا
بە مۆری خۆی و مۆری گەورە پیاوانی مۆری کرد،
بۆ ئەوەی کەس هەوڵ نەدات دانیال ڕزگار بکات.
١٨ئیتر پاشا گەڕایەوە کۆشکەکەی و بەبێ خواردن و
ڕابواردن شەوی بەسەربرد و خەوی لێ زڕا.
١٩بەیانی زوو پاشا هەستا و بە پەلە چووە لای
چاڵی شێرەکان. ٢٠کاتێك لە چاڵەکە نزیك بووەوە،
بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە بانگی دانیالی کرد و
گوتی: «ئەی دانیال، بەندەی خودای زیندوو! ئایا ئەو
خودایەی بەردەوام دەیپەرستیت توانی لە شێرەکان
ڕزگارت بکات؟»
٢١دانیالیش وەڵامی دایەوە: «ئەی پاشا،
هەتاهەتایە هەر بژی! ٢٢خوداکەم فریشتەکەی خۆی
نارد و دەمی شێرەکانی داخست، هیچ زیانیان پێ
نەگەیاندم، چونکە لەبەردەم ئەو بێتاوان بووم. ئەی
پاشا، لەبەردەم تۆشدا هیچ تاوانێکم نەکردووە.»
٢٣پاشا دڵی خۆش بوو، فەرمانی دا دانیال لە
چاڵەکە سەربخەن. دانیال لە چاڵەکەوە سەرخرا
و هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتبوو، چونکە پشتی بە
خودای خۆی بەست.
٢٤ئینجا پاشا فەرمانی دا، ئەو پیاوانەیان هێنا کە
سکاڵایان لە دانیال کرد و فڕێیان دانە ناو چاڵی
شێرەکان، خۆیان و ژن و منداڵەکانیان. هێشتا
نەگەیشتبوونە بن چاڵەکە، شێرەکان پەلاماریان دان
و هەموو ئێسکەکانیان تێکشکاندن.
٢٥دوای ئەوە داریوشی پاشا ئەمەی بۆ هەموو
گەل و نەتەوە و خەڵکی هەموو زمانەکان نووسی کە
لە هەموو زەویدا نیشتەجێن:

هەر سەرکەوتوو بن!

٢٦لە منەوە فەرمان دەرچووە بەوەی کە لە
هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مندا، خەڵك
لە خودای دانیال دەترسن و ڕێزی لێ دەگرن.

لەبەر ئەوەی ئەو خودای زیندووە و
بۆ هەتاهەتایە دەمێنێت،
پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت و
دەسەڵاتی بێ کۆتاییە.
٢٧ئەو ڕزگار دەکات و دەرباز دەکات،
نیشانە و کاری سەرسوڕهێنەر دەکات
لە ئاسمان و لەسەر زەوی.
ئەو دانیالی لە چنگی شێرەکان
ڕزگار کرد.

٢٨ئیتر دانیال لە پاشایەتی داریوش و لە پاشایەتی
کۆرشی فارسی سەرکەوتوو بوو.

## چوار گیانلەبەری گەورە لە خەوندا

7 لە ساڵی یەکەمی بێلشەسری پاشای بابل،
کاتێك دانیال لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو

خەونێکی بینی و چەند بینینێك بە مێشکیدا هات،
ئینجا پوختەی خەونەکەی نووسییەوە.
٢دانیال گوتی: «لە بینینەکەمدا لە شەو تەماشام
دەکرد چوار باکەی ئاسمان دەریای گەورەیان
هەژاند. ٣لە دەریاکەوە چوار گیانلەبەری گەورە
هاتنە دەرەوە، هەریەکەیان لەوەی دیکە جیاواز بوو.
٤«یەکەمیان وەك شێر بوو و دوو باڵی هەڵۆ
ئاسای هەبوو. تەماشام کرد هەتا باڵەکانی لێکرایەوە
و لەسەر زەوی هەڵستێنرا، وەك مرۆڤ لەسەر دوو
پێ ڕاوەستابوو، دڵی مرۆڤی پێدرا.
٥«هەر لەو کاتەدا گیانلەبەری دووەم لە شێوەی
ورچ لەسەر یەك لا بەرزبووەوە، سێ پەراسوو لەنێو
ددانەکانی بوو، پێی گوترا: "هەستە و گۆشتی زۆر
بخۆ!"
٦«پاش ئەمە تەماشام کرد یەکێکی دیکە وەك
پڵنگ وابوو، لەسەر پشتی چوار باڵی باڵندەی
هەبوو. گیانلەبەرەکە چوار سەری هەبوو، دەسەڵاتی
حوکمدانی پێدرابوو.
٧«پاش ئەمە لە بینینی شەودا تەماشام کرد
گیانلەبەری چوارەم ترسناك و تۆقێنەر و زۆر بەهێز
بوو. ددانی ئاسنین و گەورەی هەبوو، نێچیرەکانی
خوارد و تێکی شکاندن و پاشماوەکەی بە پێیەکانی
پانکردەوە. ئەو لە هەموو گیانلەبەرەکانی پێش خۆی
جیاوازتر بوو، دە شاخی[a] هەبوو.
٨«لە شاخەکان ڕامابووم، شاخێکی دیکەی بچووك
لەنێوانیانەوە دەرهات و سێ شاخەکەی پێش خۆی
هەڵتەکاند. ئەم شاخە چاوی وەك چاوی مرۆڤی
تێدابوو، لەگەڵ دەمێك کە بە فیزەوە قسەی دەکرد.
٩«کاتێك تەماشام دەکرد

«تەختەکان دانران و
خودای جاویدانی[b] دانیشت،
جلەکانی وەك بەفر سپی بوون و
مووی سەریشی وەك خوری بێگەرد وابوو.
تەختەکەشی بڵێسەی ئاگری بوو،
چەرخەکانیشی ئاگری داگیرساو بوو.
١٠ڕووبارێکی ئاگرین تێدەپەڕی،
لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت.
بە هەزاران هەزار خزمەتیان دەکرد و
بە دەیان هەزار دەیان هەزار لەبەردەمیدا
ڕاوەستابوون.
ئینجا دادگا دانیشت و
کتێبەکان کرانەوە.

١١«لەو کاتەدا بەردەوام بووم لە سەرنجدان لەبەر
قسە بە فیزەکان کە شاخەکە دەیکرد. تەماشام دەکرد
هەتا گیانلەبەرەکە کوژرا و کەلاکەکەی لەناوچوو،
فڕێدرایە ناو ئاگرە داگیرساوەکە. ١٢گیانلەبەرەکانی
دیکەش دەسەڵاتیان لێسەنرایەوە، بەڵام بۆ ماوەیەك
تەمەن درێژییان پێدرا.
١٣«لە بینینەکەی شەودا تەماشام کرد، لەگەڵ
هەوری ئاسماندا یەکێکی وەك کوڕی مرۆڤ بوو
هات، گەیشتە لای خودای جاویدانی و بردیانە
بەردەمی. ١٤ئینجا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی
پێدرا، بۆ ئەوەی هەموو گەلان و نەتەوەکان و
خەڵکی هەموو زمانەکان بیپەرستن. دەسەڵاتەکەی
دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە کە بەسەرناچێت،
پاشایەتییەکەی لەناو ناچێت.

## لێکدانەوەی خەونەکە

١٥«بەڵام من، کە دانیالم ڕۆحم لە ناخمدا واقی
وڕما بوو و ئەو بینینانەی بە مێشکمدا هات منیان
ترساند. ١٦جا لە یەکێك لە ڕاوەستاوەکان نزیك
بوومەوە و لە هەموو ئەمەدا داوای لێکدانەوەم
لێکرد.
«ئەویش لێکدانەوەی خەونەکەی پێ گوتم:
١٧"ئەو چوار گیانلەبەرە گەورەیە چوار پاشان کە
لەسەر زەوی پەیدا دەبن. ١٨بەڵام گەلی پیرۆزی
خودای هەرەبەرز پاشایەتییەکە بەدەستدەهێنن

[a] ٧ شاخ: لە زمان و کەلتوری عیبریدا شاخ هێمای توانایە، لێرە و لە ٨:٢٤. بڕوانە دانیال ٧:٧-٨ و ئاشکراکردن ٦:٥ و ٣:١٢.
[b] ٩ عیبری: دێرینی ڕۆژان. مەبەستی لە خودای ئەزەلییە، ناوێکی تایبەتە بۆ خودا کە لە ئەزەلەوە هەیە.

و بۆ هەتاهەتایە خاوەندارێتی دەکەن. بەڵێ، بۆ هەتاهەتایە.“

[١٩]«ئینجا ویستم لێکدانەوەی گیانلەبەرەکەی چوارەم بزانم کە لەگەڵ هەموویان جیاواز بوو، زۆر ترسناك بوو، ددانەکانی لە ئاسن بوون و سمەکانی لە بڕۆنز، نێچیرەکانی خوارد و تێکیشکاندن و پاشماوەکەی بە پێیەکانی پانکردەوە. [٢٠]هەروەها ویستم لەبارەی ئەو دە شاخەی سەری و ئەو شاخەی تریش بزانم کە لە کاتی دەرکەوتنی سێ لە شاخەکانی دیکە لەبەردەمی کەوتنە خوارەوە، ئەو شاخە چاوی هەبوو، دەمێکیش کە بە فیزەوە قسەی دەکرد و دیمەنەکەی لە شاخەکانی دیکە زەبەلاحتر بوو. [٢١]تەماشام دەکرد و ئەو شاخە لە دژی گەلە پیرۆزەکە دەجەنگا و ئەوانی بەزاند، [٢٢]هەتا خودای جاویدانی هات و حوکمی دەرکرد لە بەرژەوەندی گەلە پیرۆزەکەی خودای هەرەبەرز، کاتی هات بۆ ئەوەی خاوەندارێتی پاشایەتییەکە بکەن.

[٢٣]«ئەویش بەم جۆرەی گوت: ”گیانلەبەری چوارەم پاشایەتییەکی چوارەم دەبێت لەسەر زەوی، جیاواز لە سەرجەم پاشایەتییەکان، ئینجا هەموو زەوی دەخوات و پێی لێ دەنێت و تێکی دەشکێنێت. [٢٤]دە شاخەکەش دە پاشان کە لەم پاشایەتییەدا هەڵدەستن. یەکێکی دیکە لەدوای ئەوان هەڵدەستێت لەوانی پێش خۆی جیاواز دەبێت و سێ پاشا زەلیل دەکات. [٢٥]لە دژی خودای هەرەبەرز قسە دەکات و پیرۆزەکانی سەرکوت دەکات و هەوڵ دەدات کاتی جەژنەکان و فەرزەکانی تەورات بگۆڕێت. گەلە پیرۆزەکە بۆ سێ ساڵ و نیو[a] دەدرێنە دەستی ئەو.

[٢٦]«”جا دادگا دادەنیشێت و دەسەڵاتەکەی لێ دادەماڵن بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆتایی پێ بێت و لەناوبچێت. [٢٧]پاشایەتییەکە و دەسەڵات و گەورەیی پاشایەتییەکە لەژێر هەموو ئاسماندا دەدرێتە گەلە پیرۆزەکە، گەلی خودای هەرەبەرز. پاشایەتییەکەی پاشایەتی هەتاهەتاییە و هەموو دەسەڵاتداران دەیپەرستن و گوێڕایەڵی دەبن.“

[٢٨]«هەتا ئێرە کۆتایی بابەتەکەیە. من دانیالم، بیرکردنەوەکانم زۆر منیان ترساند و ڕەنگم گۆڕا، بەڵام بابەتەکەم لە دڵی خۆمدا هەڵگرت.»

## بەران و تەگە لە بینینەکە

٨ من کە دانیالم، لە ساڵی سێیەمی پاشایەتی بێلشەسر، لەپاش ئەو بینینەی کە ماوەیەك لەمەوپێش بۆم ئاشکرا کرابوو، بینینێکی دیکەشم بۆ ئاشکرا کرا. [٢]لە بینینەکەمدا سەیرم کرد لە قەڵای شوشم، ئەوەی لە هەرێمی ئیلامە. لە بینینەکەدا لەلای نۆکەندی ئولای بووم. [٣]چاوم هەڵبڕی و بینیم بەرانێك لەلای نۆکەندەکە ڕاوەستاوە و دوو قۆچی هەیە، هەردوو قۆچەکە درێژ بوون، بەڵام یەکێکیان لەوەی دیکەیان درێژتر بوو، بەڵام دواتر سەری دەرهێنابوو. [٤]بینیم بەرانەکە بەلای ڕۆژئاوا و باکوور و باشووردا قۆچ دەوەشێنێت، هیچ گیانلەبەرێکیش لە ڕووی نەوەستایەوە، هیچ لە دەستی دەرباز نەبوو، ئەوەی پێی خۆشبوو کردی و مەزن بوو.

[٥]لەو کاتەدا کە ڕامابووم تەگەیەك[b] لە ڕۆژئاواوە بەسەر زەویدا دەهات و پێیەکانی بەر زەوی نەدەکەوت، تەگەکە شاخێکی بەرزی هەبوو لەنێوان هەردوو چاوی. [٦]چووە لای ئەو بەرانەی کە دوو قۆچی هەبوو، ئەوەی بینیم لەلای نۆکەندەکە وەستابوو، زۆر بە تووڕەییەوە هێرشی کردە سەری. [٧]بینیم گەیشتە سەر بەرانەکە و بەربووە سەری و لە بەرانەکەی دا، دوو قۆچەکەی شکاند. بەرانەکە هێزی ئەوەی نەبوو لەبەردەمی ڕابوەستێت، تەگەکە فڕێیدایە سەر زەوی و پێی لێنا، بەرانەکە کەسی نەبوو لە دەستی دەربازی بکات. [٨]ئینجا تەگەکە زۆر خۆی بە زل زانی، بەڵام کاتێك لەخۆبایی بوو شاخە گەورەکەی شکا، لە جێی ئەو شاخەش چوار شاخی گەورەتر بەرەو چوار باکەی ئاسمان دەرچوون.

[٩]لە یەکێك لەوانەوە شاخێکی بچکۆلە دەرکەوت،

[a] ٢٥ عیبری: کاتێك و دوو کاتێك و نیو کات.

[b] ٥ نێری، سابرێن.

ڕووەو باشوور و ڕۆژهەڵات و خاکە دڵگیرەکە[a]
گەشەی کرد. [١٠]زۆر بەهێز بوو، تەنانەت گەیشتە
هێزەکانی ئاسمانیش، هەندێك لە هێز و ئەستێرەکانی
فڕێدایە خوارەوە بۆ سەر زەوی و پێی لێنان. [١١]خۆی
بە گەورە زانی تاوەکو خۆی یەکسان بکات بە خودای
سوپاسالاری ئاسمان. قوربانی ڕۆژانە لەکارخرا و
پیرۆزگاکەی وێران کرا. [١٢]لەبەر یاخیبوون، سوپا
پیرۆزەکان و پێشکەشکردنی قوربانی ڕۆژانە درانە
دەستی شاخەکە. ڕاستی خرایە ژێر پێ، شاخەکەش
لە هەموو ئەوەدا سەرکەوتوو بوو کە کردی.
[١٣]ئینجا گوێم لە فریشتەیەکی پیرۆز بوو قسەی
دەکرد، فریشتەیەکی پیرۆزی دیکە بەوی دەگوت:
«ڕووداوەکانی ئەم بینینە کەی دێنە دی؟ هەتا کەی
قوربانی ڕۆژانە لەکاردەخەن؟ هەتا کەی یاخیبوون
بەردەوام دەبێت لە کاولبوونی پیرۆزگا و پێشێلکردنی
سوپا پیرۆزەکە؟»
[١٤]ئەویش پێی گوتم: «دوو هەزار و سێ سەد
بەیانی و ئێوارە، ئینجا پیرۆزگا دەگەڕێتەوە باری
پیرۆزی خۆی.»

## لێکدانەوەی بینینەکە

[١٥]من دانیالم، هێشتا خەریکی سەیرکردنی
بینینەکەم و هەوڵدەدەم کە لێی تێبگەم، ئەوەتا
یەکێك لە شێوەی پیاوێك لەبەردەمم ڕاوەستاوە.
[١٦]گوێم لە دەنگی مرۆڤێك بوو لەلای نۆکەندی
ئولایەوە بانگی کرد و گوتی: «ئەی جبرائیل[b]، واتای
بینینەکە لەم پیاوە بگەیەنە.»
[١٧]ئەویش هاتە ئەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستابووم،
کاتێك هات ترسام و بەسەر ڕوومدا کەوتم. پێی
گوتم: «ئەی کوڕی مرۆڤ، بزانە کە بینینەکە
سەبارەت بە سەردەمی کۆتاییە.»
[١٨]کاتێك قسەی لەگەڵم دەکرد کەوتبوومە
خەونێکی قووڵەوە و ڕووم ڕووەو زەوی بوو. ئینجا
دەستی لێدام و هەڵیستاندمە سەر پێ.

[a] ٩ مەبەستی لە خاکی ئیسرائیلە.
[b] ١٦ جبرائیل: لە زمانی عیبری بە واتای پیاوی خودا دێت.

[١٩]گوتی: «من پێت دەڵێم کە لە کاتی تووڕەیی چی
ڕوودەدات، چونکە بینینەکە سەبارەت بە سەردەمی
کۆتایی دیاریکراوە. [٢٠]ئەو بەرانەی کە بینیت دوو
قۆچی هەبوو، ئەوە پاشاکانی ماد و فارسە. [٢١]تەگەکە
پاشای یۆنانە، ئەو قۆچە گەورەیەش کە لەنێوان
هەردوو چاوی بوو یەکەمین پاشایە. [٢٢]بەڵام ئەو چوار
قۆچەی کە لە شوێنی قۆچە شکێنراوەکە پەیدابوون،
ئەوا چوار پاشایەتی لە نەتەوەکەی ئەوەوە پەیدا
دەبن، بەڵام هەمان هێزی ئەویان نابێت.
[٢٣]«لە دوایین پاشایەتییان، کاتێك یاخیبوون لە
دژی خودا دەگاتە ئەوپەڕی، پاشایەکی ڕوو وشك و
فێڵباز پەیدا دەبێت. [٢٤]هێزی زۆر دەبێت، بەڵام نەك
بە هێزی خۆی، لە ڕادەبەدەر وێرانکاری دەکات و
سەرکەوتوو دەبێت لە هەرچی بیەوێت بیکات.
تواناداران و گەلە پیرۆزەکە لەناودەبات. [٢٥]بە
تەڵەکەبازی وا دەکات فێڵبازی سەرکەوتوو بێت،
دڵی لەخۆبایی دەبێت. کاتێك لە ئاسوودەییدا زۆران
لەناودەبات و لە دژی میری میران دەوەستێتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا تێکدەشکێنرێت، بەڵام بە بێهێزی
مرۆڤانە.
[٢٦]«ئەو بینینەی ئێوارە و بەیانی کە بە تۆ درا
ڕاستە، بەڵام تۆ بینینەکە بە نهێنی بهێڵەوە، چونکە
بۆ داهاتووی دوورە.»
[٢٧]من کە دانیالم، بۆ چەند ڕۆژێك بێهێز و
لاواز بووم، ئینجا هەستام و دەستم کردەوە بە
کاروبارەکانی پاشا. واقم وڕمابوو لە بینینەکە، لە
سەرووی تێگەیشتنەوە بوو.

## نزای دانیال

٩ لە ساڵی یەکەمی داریوشی کوڕی
ئەحەشوێرۆش[c] لە نەوەی مادەکان کە بووە
بە فەرمانڕەوای شانشینی بابلییەکان، [٢]لە ساڵی
یەکەمی پاشایەتییەکەی ئەو، من کە دانیالم لە
نووسراوە پیرۆزەکانەوە[d] بەپێی فەرمایشتی یەزدان

[c] ١ لە زمانی یۆنانی: کسەرکسیس.
[d] ٢ بڕوانە ئیرمیا ٢٥:١١-١٢.

بۆ یەرمیای پێغەمبەر تێگەیشتم کە ماوەی کاولبوونی
ئۆرشەلیم حەفتا ساڵ دەبێت. ٣منیش ڕووم لە
خودای پەروەردگار کرد، بە نوێژ و پاڕانەوەوە داوام
دەکرد، بە ڕۆژوو و بە پۆشینی جلوبەرگی گوش[a] و
بە خۆڵەمێش بەسەرخۆدا کردن.
٤نزام بۆ یەزدانی پەروەردگارم کرد و دانم پێدا نا:

«ئەی پەروەردگار، خودای مەزن و سامناك،
ئەی ئەوەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت
دەبەیتەسەر بۆ ئەوانەی کە تۆیان خۆشدەوێت
و فەرمانەکانت بەجێدەگەیەنن، ٥گوناهمان
کرد و تاوانمان کرد، خراپەمان کرد و یاخی
بووین، لە فەرمانەکان و یاساکانی تۆ لاماندا.
٦گوێمان لە بەندە پێغەمبەرەکانت نەگرت،
ئەوانەی بە ناوی تۆوە قسەیان بۆ پاشا و میر
و باوباپیرانمان و هەموو گەلی خاکەکە کرد.
٧«ئەی پەروەردگار، تۆ ڕاستودروستیت، بەڵام
ئەمڕۆ شەرمەزاری لەسەر ڕوخساری ئێمەیە،
بۆ پیاوانی یەهودا و دانیشتووانی ئۆرشەلیم،
بۆ هەموو ئیسرائیلە، نزیك و دوورەکان لە
هەموو ئەو خاکانەی بۆ ئەوێ دەرتکردووین،
لەبەر ئەو ناپاکییەی لەگەڵ تۆدا کردمان. ٨ئەی
یەزدان، شەرمەزاری لەسەر ڕوخساری ئێمەیە،
لە پاشا و میر و باوباپیرانمان، چونکە دەرهەق
بە تۆ گوناهمان کرد. ٩خودای پەروەردگارمان
بە بەزەیی و بەخشندەیە، هەرچەندە ئێمە
لێی یاخی بووین. ١٠گوێڕایەڵی یەزدانی
پەروەردگارمان نەبووین بۆ ئەوەی بە ڕێگای
فێرکردنەکانیدا بڕۆین، کە لە ڕێگەی بەندە
پێغەمبەرەکانییەوە پێیداین. ١١هەموو ئیسرائیل
سەرپێچی فێرکردنەکانی تۆیان کرد، لایاندا و
گوێڕایەڵبوونی تۆیان ڕەتکردەوە.

«لەبەر ئەوە ئەو نەفرەت و سوێندەت
بەسەرماندا ڕژاند کە لە تەوراتی موسای
بەندەی خودا نووسرابوو، چونکە دەرهەق بە
تۆ گوناهمان کرد. ١٢ئەو ئاگادارکردنەوانەت
هێنایە دی کە لەسەر ئێمە و ئەو دادوەرانەمان
فەرمووبووت کە دادوەرییان بۆمان دەکرد، بۆ
ئەوەی بەڵایەکی گەورەمان بەسەردا بهێنیت.
لەژێر ئاسماندا شتی وا ڕووینەدابێت، وەك
ئەوەی بەسەر ئۆرشەلیم هات. ١٣هەروەك
ئەوەی لە تەوراتی موسادا نووسرابوو هەموو
ئەم بەڵایانە بەسەرماندا هات، بەڵام لە
تاوانەکانمان نەگەڕاینەوە و سەرنجمان نەدایە
ڕاستییەکەی تۆ، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی یەزدانی
پەروەردگارمان بەدەستبهێنین. ١٤جا یەزدان
مکوڕ بوو کە بەڵاکەمان بەسەربهێنێت، چونکە
یەزدانی پەروەردگارمان لە هەموو کارەکانی
کە کردی ڕاستودروستە، ئێمەش گوێڕایەڵی
نەبووین.
١٥«ئێستاش ئەی خودای پەروەردگارمان،
کە بە دەستێکی بەهێزەوە گەلی خۆتت لە
خاکی میسرەوە هێنایە دەرەوە، ناوێکت
بۆ خۆت دروستکرد وەك ئەوەی ئەمڕۆ
هەیە، ئێمە گوناهمان کرد و خراپەمان
کرد. ١٦ئەی پەروەردگار، بەپێی هەموو
ڕاستودروستییەکەت، تکایە تووڕەیی و
هەڵچوونەکەت لەسەر شارەکەت، ئۆرشەلیم،
دابمرکێنەوە کە کێوی پیرۆزی خۆتە. بەهۆی
گوناهەکانمان و تاوانەکانی باوباپیرانمان
ئۆرشەلیم و گەلەکەت لەلای هەموو ئەوانەی
لە دەوروبەرمانن ڕیسوا بوون.
١٧«ئێستاش ئەی خودای ئێمە، گوێ لە
نزاکانی خزمەتکارەکەت و لە پاڕانەوەکەی
بگرە. ئەی پەروەردگار، لە پێناوی خۆت ڕووت
بەسەر پیرۆزگا کاولەکەتدا بدرەوشێنەوە.
١٨ئەی خودای من، گوێت شل بکە و ببیستە،
چاوەکانت بکەرەوە و کەلاوەکانمان و ئەو
شارە ببینە کە ناوی تۆی هەڵگرتووە. لەبەر
ڕاستودروستی خۆمان پاڕانەوەکانمان ناخەینە

٣ [a] لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

بەردەمت، بەڵکو لەبەر زۆری بەزەییەکانت.
١٩ ئەی پەروەردگار گوێ بگرە! ئەی پەروەردگار
لێخۆشبە! ئەی پەروەردگار گوێ شل بکە و
دەستبەکار بە! ئەی خودای من، لەبەر خۆت
دوای مەخە، چونکە شارەکەت و گەلەکەت
ناوی تۆیان هەڵگرتووە.»

## حەفتا هەفتە

٢٠ لەو کاتەدا من قسەم دەکرد و نزام دەکرد، دانم
بە گوناهی خۆم و بە گوناهی ئیسرائیلی گەلەکەمدا
دەنا و سەبارەت بە کێوە پیرۆزەکەی پاڕانەوەکەم
دەخستە بەردەم یەزدانی پەروەردگارم، ٢١ هێشتا لە
نزاکەمدا بووم، جبرائیل، ئەو پیاوەی کە پێشتر لە
بینینێکی دیکەدا بۆم ئاشکرا کرابوو، لە کاتی قوربانی
ئێوارە بە خێرایی فڕی و هاتە لام. ٢٢ تێیگەیاندم و
پێی گوتم: «ئەی دانیال، من ئێستا هاتم بۆ ئەوەی
تێتبگەیەنم و بۆت ڕوون بکەمەوە. ٢٣ هەر کە
دەستت بە پاڕانەوە کرد، وەڵامێك دەرچوو، منیش
هاتووم پێت بڵێم، چونکە تۆ خۆشەویستی. لەبەر
ئەوە لە پەیامەکە ڕابمێنە و لە بینینەکە تێبگە.
٢٤ «بڕیار دراوە حەفتا ”هەفتە“[a] بەسەر گەلەکەت
و بەسەر شارە پیرۆزەکەتدا بچێت بۆ کۆتایی پێهێنانی
یاخیبوون، نەهێشتنی گوناە، کەفارەتی تاوان، هێنانی
ڕاستودروستی هەتاهەتایی، تەواوکردنی بینین و
پەیامی پێغەمبەر و هەروەها دەستنیشانکردنی
هەرەپیرۆز[b].
٢٥ «جا بزانە و تێبگە کە لە دەرچوونی بڕیارەکە
بۆ نوێکردنەوە و بنیادنانەوەی ئۆرشەلیم، هەتا
هاتنی پاشای دەستنیشانکراو[c]، حەوت ”هەفتە“ و
شەست و دوو ”هەفتە“ی پێ دەچێت. ئۆرشەلیم
بە شەقامەکان و شوورابەندیەوە بنیاد دەنێتەوە،
سەرباری ئەوەی کاتەکە تەنگانەیە. ٢٦ پاش شەست
و دوو ”هەفتە“ دەستنیشانکراوەکە[d] دەکوژرێت
و هیچی نابێت. سوپای پاشایەکی دیکە دێت و
شارەکە و پیرۆزگاکە وێران دەکات. کۆتاییەکەی
وەك لافاوێك دێت و هەتا کۆتایی جەنگ بەردەوام
دەبێت، بڕیاری کاولکردنی دراوە. ٢٧ ئەم فەرمانڕەوایە
لە یەك ”هەفتە“دا لەگەڵ زۆردا پەیمانی بەهێز
دەبەستێت. لەناوەڕاستی ئەو ”هەفتەیە“دا کۆتایی
بە قوربانی و پێشکەشکراوەکان دەهێنێت، لەسەر
لووتکەی پەرستگا قێزەونی وێرانکەر دادەنێت، بۆ
ئەوەی سزای حوکمی کۆتایی لەسەر ئەم وێرانکەرەدا
بڕژێتەوە.»

## پیاوێك لە بینینی دانیال

١٠ لە ساڵی سێیەمی کۆرشی پاشای فارس،
پەیامێك بۆ دانیال ئاشکراکرا، کە ناونرابوو
بێلتەشەسر. پەیامێکی ڕاست بوو سەبارەت بە
جەنگی گەورە. تێگەیشتنی پەیامەکە لە ڕێگەی
بینینێکەوە بۆی هات.
٢ لەو ڕۆژانەدا، من کە دانیالم سێ هەفتەی تەواو
شیوەنم گێڕا. ٣ هیچ خواردنێکی خۆشم نەخوارد،
گۆشت و شەراب نەچووە دەممەوە، بۆنم لە خۆم
نەدا هەتا سێ هەفتەکە تەواو بوو.
٤ لە ڕۆژی بیست و چواری مانگی یەکدا کاتێك
لەسەر کەناری ڕووبارە گەورەکە بووم کە دجلەیە،
٥ سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد، پیاوێك کەتانی
لەبەردا بوو، پشتێنێکی زێڕی ئوفازیشی لە کەمەری
بەستبوو. ٦ لەشی وەك زەبەرجەد، ڕووی وەك
شێوەی بروسکە، چاوەکانی وەك چرای ئاگر، قۆڵ و
قاچەکانی وەك بریسکەی بڕۆنزی سافکراو بوون و
هەروەها دەنگیشی وەك دەنگی خەڵکێکی ئێجگار
زۆر بوو.
٧ من کە دانیالم، بە تەنها من بینینەکەم بۆ ئاشکرا
کرا، ئەو پیاوانەی لەگەڵمدا بوون نەیانبینی، بەڵام
ترسێکی گەورە لەسەریان نیشت، ڕایانکرد و خۆیان
شاردەوە. ٨ جا من بە تەنها مامەوە و تەماشای ئەم

[a] ٢٤ دەشێت مەبەستی لە هەر هەفتەیەك حەوت ساڵ بێت.
[b] ٢٤ دەقی عیبری مەبەستی لە شوێن یان کەسە.
[c] ٢٥ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.
[d] ٢٦ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح.

بینینە گەورەیەم دەکرد. هێزم تێدا نەما و ڕووم
ڕەنگی مردووی لێ نیشت، لە پەلوپۆ کەوتم. [٩]گوێم
لە قسەکانی بوو، لەو کاتەش کە گوێم لێی دەگرت،
چوومە ناو خەوێکی قووڵەوە، ڕووشم ڕووەو زەوی
بوو.
[١٠]دەستێکم بەرکەوت و بە لەرزەوە لەسەر دەست
و ئەژنۆم دانام. [١١]پێی گوتم: «ئەی دانیال، ئەی پیاوە
خۆشەویستەکە! ئەو قسەیەی کە پێت دەڵێم لێی
تێبگە و هەستە سەر پێت، چونکە من ئێستا نێردراوم
بۆ لای تۆ.» کە بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ کردم، بە
لەرزەوە هەستامە سەر پێ.
[١٢]پێی گوتم: «ئەی دانیال، مەترسە. لەبەر ئەوەی
هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە مکوڕ بوویت تێبگەیت و
لەبەردەم خوداکەت خۆتت زەلیل کرد، پاڕانەوەکەت
بیسترا، منیش لەبەر ئەمانە هاتووم. [١٣]سەرۆکی ڕۆحە
پیسەکانی شانشینی فارس ماوەی بیست و یەك
ڕۆژ بەرەنگارم بووەوە، ئینجا میکائیل کە یەکێك لە
سەرۆك فریشتەکانە بۆ هاریکاریم هات، چونکە من
لەوێ لەلای پاشای فارس دواخرابووم. [١٤]جا هاتووم
بۆ ئەوەی ئەوەت تێبگەیەنم کە لە ڕۆژی کۆتایی
بەسەر گەلەکەتدا دێت، چونکە بابەتی بینینەکە
ڕۆژانی داهاتووە.»
[١٥]کاتێك ئەو قسانەی لەگەڵمدا دەکرد، سەرم
دانەواند و بێدەنگ بووم. [١٦]ئینجا فریشتەکە، کە
لە شێوەی مرۆڤ بوو، دەستی لە لێوەکانم دا،
منیش دەمم کردەوە و قسەم کرد. بەوەم گوت
کە لەبەردەممدا وەستابوو: «گەورەم، بە بینینەکە
ئازارێکی زۆرم چێژت و لە پەلوپۆ کەوتم. [١٧]ئەی
گەورەم، من خزمەتکاری تۆم، چۆن قسەت لەگەڵ
بکەم؟ من ئێستا هێزم لێ بڕاوە و هەناسەم تێدا
نەماوە.»
[١٨]دووبارە ئەوەی لە مرۆڤ دەچوو دەستی لێم دا
و هێزی هێنایەوە بەرم. [١٩]گوتی: «مەترسە، ئەی پیاوە
خۆشەویستەکە. سڵاوت لێ بێت! ئازابە و بەهێزبە!»
کاتێك قسەی لەگەڵدا کردم، بەهێز بووم و گوتم:
«با گەورەم قسە بکات، چونکە بەهێزت کردم.»
[٢٠]ئەویش گوتی: «ئایا دەزانیت بۆچی هاتمە
لات؟ ئێستاش دەگەڕێمەوە و لەگەڵ سەرۆکی ڕۆحە
پیسەکانی فارس دەجەنگم، دوای ئەوەی من دەڕۆم
سەرۆکی ڕۆحە پیسەکانی یۆنان دێت. [٢١]بەڵام ئێستا
ئەوەت پێ دەڵێم کە لە پەڕتووکی ڕاستیدا نووسراوە.
کەس لە دژی ئەم سەرۆکانە پشتگیریم ناکات، جگە
لە میکائیلی سەرۆکتان.

١١ لە ساڵی یەکەمی داریوشی مادی، لەگەڵی
وەستام تاکو پشتگیری لێ بکەم و بیپارێزم.

## پاشاکانی باشوور و باکوور

[٢]«ئێستاش ڕاستیت پێ دەڵێم: سێ پاشای دیکە لە
فارس پەیدا دەبن، پاشان چوارەمیان لە هەموویان
دەوڵەمەندتر دەبێت. سامانەکەی بۆ بەدەستهێنانی
هێز بەکاردەهێنێت، هەمووان لە دژی شانشینی
یۆنان دەورووژێنێت. [٣]ئینجا پاشایەکی بە توانا
پەیدا دەبێت و زۆر زاڵ دەبێت، چی پێ خۆش بێت
دەیکات. [٤]بەڵام ئیمپراتۆریەتەکە لەوپەڕی هێزیدا
تێکدەشکێت و بەسەر چوار لای زەویدا دابەش
دەبێت، بەڵام نەك بۆ نەوەکانی، بەڵکو بۆ خەڵکی
دیکە دەبێت، دەسەڵاتی پێشتری نامێنێت، چونکە
ئیمپراتۆریەتەکەی بنبڕ دەبێت.
[٥]«دوای ئەمە پاشای باشوور[a] بەهێز دەبێت،
بەڵام یەکێك لە میرەکانی لەو بەهێزتر دەبێت و
بە دەسەڵاتێکی گەورەوە زاڵ دەبێت. [٦]پاش چەند
ساڵێك پەیمان دەبەستن، کچی پاشای باشوور بۆ
پەیمان بەستنەکە دێتە لای پاشای باکوور، بەڵام
کچەکە هێزی نامێنێت، پاشای باشووریش نە خۆی و
نە هێزی بەردەوام نابن. لەو کاتەدا کچەکە و باوکی
و ئەوانەی هێنایان و لەگەڵ ئەوەش کە پشتگیری
دەکرد بە دەستەوە دەدرێن.
[٧]«ئینجا یەکێك لە بنەماڵەی کچەکە لە شوێنی ئەو
هەڵدەستێتەوە. بەر لە سوپای پاشای باکوور دەگرێت
و دەچێتە ناو قەڵاکەی، لێیان دەدات و سەرکەوتوو
دەبێت. [٨]بت و پەیکەرە داڕێژراوەکان و قاپوقاچاغە

[a] ٥ پاشای باشوور: مەبەستی لە پاشای میسر.

بەنرخەکانیان کە لە زێڕ و زیو دروستکرابوون دەباتە
میسر. دوای ئەمە ماوەی چەند ساڵێك واز لە پاشای
باکوور دەهێنێت. ٩ئینجا پاشای باکوور هێرش دەباتە
سەر شانشینی پاشای باشوور، بەڵام دەگەڕێتەوە
خاکەکەی خۆی. ١٠کوڕەکانی دەوروژێن و ئاپۆرەی
سوپایەکی گەورە کۆدەکەنەوە کە وەك لافاوێکی
بەهێز ڕادەماڵێت، بڵاو دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت،
هەتا شەڕ دەهێنێتە سەر قەڵای پاشای باشوور.

١١«ئیتر پاشای باشوور ڕقی هەڵدەستێت و هێرش
دەکاتە سەر پاشای باکوور، کە وا خەریکە سوپایەکی
زۆر گەورەی کۆدەکاتەوە، بەڵام دەشکێنرێت.
١٢کاتێك سوپاکە ڕادەماڵرێت، پاشای باشوور
بەفیز دەبێت و دەیان هەزار دەکوژێت، بەڵام
سەرناکەوێت، ١٣چونکە پاشای باکوور دەگەڕێتەوە،
سوپایەکی زۆرتر لەوەی جاری یەکەم کۆدەکاتەوە،
پاش چەند ساڵێك بە سوپایەکی گەورە و کەرەستەی
زۆرەوە پێشدەکەوێت.

١٤«لەو کاتەدا خەڵکانێکی زۆر لە دژی پاشای
باشوور ڕادەپەڕن، بۆ بەدیهێنانی بینینەکە
توندڕەوەکان لە گەلەکەت یاخی دەبن، بەڵام دەکەون.
١٥ئینجا پاشای باکوور دێت و مەتەریزێك لێدەدات و
شارە قەڵابەندەکە داگیر دەکات. هێزەکانی باشوور
لەبەردەمیدا خۆیان ڕاناگرن، تەنانەت باشترین
سەربازیشیان بەرگە ناگرێت. ١٦پاشای باکوور ئەوەی
بیەوێ دەیکات، کەسیش نابێت بەرەنگاری بێتەوە.
لەناو خاکە دڵگیرەکەدا[a] ڕادەوەستێت و هەمووی
لەژێر دەستی ئەودا دەبێت. ١٧مکوڕ دەبێت لەسەر
ئەوەی بە هەموو دەسەڵاتی پاشایەتییەکەیەوە بێت
و پەیمان لەگەڵ پاشای باشوور ببەستێت. کچەکەی
دەداتێ بۆ ئەوەی پاشایەتی باشوور تێکبدات، بەڵام
پیلانەکانی سەرناکەون و سوودمەند نابن. ١٨پاشان
ڕوو دەکاتە کەنارەکان و زۆریان داگیر دەکات، بەڵام
فەرماندەیەك کۆتایی بە لووتبەرزییەکەی دەهێنێت،
بەڵکو لووتبەرزییەکەی بەسەر خۆیدا دەداتەوە.
١٩ئینجا دەگەڕێتەوە قەڵاکانی خاکەکەی خۆی، بەڵام
ساتمە دەکات و دەکەوێت، ئیتر نامێنێت.

٢٠«جێنشینەکەی باجگرێك دەنێرێت بۆ بەردەوام
بوونی شکۆمەندی پاشایەتییەکەی. لە ماوەیەکی
کورتدا تێکدەشکێت، بەڵام نە بە تووڕەیی و نە بە
جەنگ.

٢١«ئینجا ناکەس بەچەیەك شوێنی دەگیڕێتەوە
کە شکۆمەندی پاشایەتی نەدراوەتێ. کاتێك خەڵکی
بە ئاسوودەیی دەژین لەناکاو دێت و بە فێڵ
دەست بەسەر پاشایەتییەکەدا دەگرێت. ٢٢چەندین
سوپای زەبەلاح لە بەرامبەر ئەو تێکدەشکێن و
ڕادەماڵرێن، هەروەها میری پەیمانیش. ٢٣هەر
کە پەیمانێك دەبەستێت، فێڵ لە هاوپەیمانەکەی
دەکات، بە خەڵکێکی کەمەوە دەگاتە دەسەڵات.
٢٤کاتێك هەرێمە دەوڵەمەندەکان لە ئارامیدان
بەسەریاندا دەدات، ئەوە دەکات کە نە باوك و نە
باپیرانی کردوویانە. تاڵانی و دەستکەوت و سامان
بەسەر شوێنکەوتووانیدا دابەش دەکات. پیلان بۆ
داگیرکردنی قەڵاکان دادەڕێژێت، بەڵام تەنها بۆ
ماوەیەك دەبێت.

٢٥«بە سوپایەکی گەورە و بە ئازایەتییەوە
هێزەکەی لە دژی پاشای باشوور دەوروژێنێت،
پاشای باشووریش بە سوپایەکی گەورە و بەهێزەوە
خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات، بەڵام بەرگە
ناگرێت، چونکە پیلان لە دژی دەگێڕن. ٢٦ئەوانەی
لە خواردنە خۆشەکانی دەخۆن، دەیشکێنن و
سوپاکەی ڕادەماڵرێت، زۆر کەس دەکوژرێن. ٢٧ئەم
دوو پاشایەش دڵیان لەلای خراپەیە، لەسەر یەك
مێز دادەنیشن و درۆ بۆ یەکتری دەکەن، بەڵام
سەرناکەون، چونکە کۆتایی لە کاتی دیاریکراو
دێت. ٢٨پاشای باکوور بە دەستکەوتێکی زۆرەوە
دەگەڕێتەوە خاکەکەی خۆی، بەڵام لە دڵەوە لە
دژی پەیمانە پیرۆزەکەیە. دژایەتییەکە دەکات، ئینجا
دەگەڕێتەوە خاکەکەی خۆی.

٢٩«لە کاتی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە و هێرش
دەباتەوە بۆ باشوور، بەڵام ئەم جارەیان وەك جاری

[a] ١٦ مەبەستی لە خاکی ئیسرائیلە.

یەکەم نابێت. [٣٠]لە کەنارەکانی ڕۆژئاواوە کەشتییەکان دێنە سەری، ئینجا کۆڵدەدات. دەگەڕێتەوە و لە پەیمانە پیرۆزەکە تووڕە دەبێت، ئەوانەش پاداشت دەکات کە وازیان لە پەیمانە پیرۆزەکە هێناوە.

[٣١]«سوپاکەی ئەو دێن و پیرۆزگای قەڵابەند گڵاو دەکەن، قوربانی ڕۆژانە دادەماڵن و قێزەونی وێرانکەر دادەنێن. [٣٢]ئەوانەی پەیمان دەشکێنن بە فێڵ هەڵیاندەخەڵەتێنێت، بەڵام ئەو گەلەی خودای خۆیان دەناسن بەهێز دەبن و دژایەتی ئەو دەکەن.

[٣٣]«تێگەیشتووان خەڵکێکی زۆر فێر دەکەن، هەرچەندە بۆ ماوەیەك بە شمشێر و ئاگر دەکوژرێن یان تاڵان و ڕاپێچ دەکرێن. [٣٤]کاتێك دەکەون بە کەمی یارمەتی دەدرێن، زۆر کەسیش بەبێ دڵسۆزی دەچنە ڕیزیان. [٣٥]هەندێك لە تێگەیشتووان ساتمە[a] دەکەن، بۆ پوختە بوون و پاکبوونەوە و بێ خەوش بوونیان هەتا کاتی کۆتایی، چونکە لە کاتی دیاریکراو دێت.

## ئەو پاشایەی خۆی بە گەورە دەزانێت

[٣٦]«پاشا بە ویستی خۆی دەکات. خۆی بە گەورە و بە زل دەزانێت لەسەر هەموو خودایەك، کفری ترسناك لە دژی خودای خودایان دەکات. هەتا کاتی تەواوبوونی تووڕەییەکە سەرکەوتوو دەبێت، چونکە ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە هەر دەبێت پیادە بکرێت. [٣٧]نە گوێ بە خوداوەندەکانی باوباپیرانی دەدات و نە بەوەی ژن دایهێناوە[b]، گوێ بە هیچ خوداوەندێك نادات. بەڵکو خۆی لە هەموویان بە گەورەتر دەزانێت. [٣٨]لە جیاتی ئەوان ڕێز لە خوداوەندی قەڵاکان دەگرێت، خوداوەندێکە کە باوباپیرانی نەیانناسیوە، بە زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها و دیاری بە نرخ ڕێزی لێ دەگیرێت. [٣٩]بە یارمەتی ئەو خوداوەندە بێگانەیە پەلاماری قەڵا پتەوەکان دەدات. ئەوانەی بچنە ژێر باڵی زۆر ڕێزیان لێ دەگرێت. دەیانکاتە فەرمانڕەوای خەڵکێکی زۆر، زەوییەکە بە پاداشت دابەش دەکات.

[٤٠]«لە کاتی کۆتاییدا پاشای باشوور جەنگی لەگەڵدا بەرپا دەکات، پاشای باکووریش بە گالیسکە و سوار و بە کەشتیگەلی زۆرەوە وەك ڕەشەبا لە دژی هەڵدەکات. پەلاماری چەندین وڵات دەدات، وەك لافاو ڕایاندەماڵێت. [٤١]هەروەها پەلاماری خاکە دڵگیرەکە دەدات. زۆر کەس دەکوژرێن، بەڵام ئەدۆم و مۆئاب و میرەکانی عەمۆنییەکان لە دەستی دەرباز دەبن. [٤٢]دەسەڵاتی خۆی بەسەر زۆر وڵاتدا بڵاو دەکاتەوە، میسریش ڕزگاری نابێت. [٤٣]دەست بەسەر گەنجینەکانی زێڕ و زیو و هەموو سامانی میسردا دەگرێت، لیبییەکان و کوشییەکانیش ملکەچی دەبن. [٤٤]بەڵام چەند هەواڵێکی ترسناکی لە ڕۆژهەڵات و باکوورەوە پێ دەگات و ئەو دەهەژێنێت، بە تووڕەییەکی زۆرەوە بەڕێدەکەوێت بۆ کاولکردن و قڕکردنی خەڵکانێکی زۆر. [٤٥]چادری شاهانەی لەنێوان دەریاکان و کێوی دڵگیری پیرۆز هەڵدەدات. بەڵام دەگاتە کۆتایی خۆی، کەسیش یارمەتی نادات.

## ڕۆژانی کۆتایی

١٢ «لەو کاتەدا میکائیلی سەرۆکی گەورەی فریشتەکان هەڵدەستێت، ئەوەی گەلەکەت دەپارێزێت. کاتێکی ئەوەندە تەنگ دەبێت کە لەوەتەی نەتەوە دروستبووە هەتا ئەو کاتە شتی وا نەبووبێت. بەڵام لەو کاتەدا هەرکەسێك لە گەلەکەی تۆ ناوی لە پەڕتووکدا نووسرابێت، دەرباز دەبێت. [٢]زۆر لەوانەی لەناو خۆڵی زەویدا دەنوون هەڵدەستنەوە، هەندێکیان بۆ ژیانی هەتاهەتایی و هەندێکی دیکەشیان بۆ سەرشۆڕی و سووکایەتی هەتاهەتایی. [٣]تێگەیشتووان وەك ڕووناکی ئاسمان دەدرەوشێنەوە، ئەوانەش کە خەڵکێکی زۆریان بۆ ڕاستودروستی گەڕاندووەتەوە بۆ هەتاهەتایە وەك ئەستێرەن.

[٤]«تۆش ئەی دانیال، هەتا سەردەمی کۆتایی

---

[a] ٣٥ پێ هەڵکەوتن یان تووشبوون بە بەڵایەك کە لە کەوتن نزیکیان بکاتەوە.

[b] ٣٧ لەوانە مەبەستی لە تەمووزی خوداوەند بێت، کە لە ئەندێشەی ئەو سەردەمە ئەو خوداوەندە توانای منداڵ بەخشینی هەبووە بە ژنان.

وشەکان بە نهێنی بهێڵەوە و تۆمارەکە بپێچەوە. خەڵکێکی زۆر لێرە و لەوێ دەگەڕێن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بەدەستبهێنن.»

[٥]ئینجا من کە دانیالم، تەماشام کرد بینیم دوو فریشتەی دیکە ڕاوەستاون، یەکێکیان لەسەر ئەو کەنارەی ڕووبارەکە، ئەوی دیکەیان لەسەر کەنارەکەی دیکە. [٦]یەکێکیان بەو پیاوەی گوت کە کەتانی لەبەردا بوو، ئەوەی لەسەر ئاوی ڕووبارەکە بوو: «کەی ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکان تەواو دەبێت؟»

[٧]ئەو پیاوەی کە کەتانی لەبەردا بوو، ئەوەی لەسەر ئاوی ڕووبارەکە بوو، دەستی ڕاست و دەستی چەپی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە. گوێم لێ بوو سوێندی بەوە خوارد کە هەتاهەتایە زیندووە: «تاکو سێ ساڵ و نیو[a]. کاتێك هێزی گەلە پیرۆزەکە بە تەواوی شکێنرا، هەموو ئەمانەش تەواو دەبێت.»

[٨]من گوێم لێبوو، بەڵام تێنەگەیشتم، ئیتر گوتم: «گەورەم، کۆتایی هەموو ئەمانە چییە؟»

[٩]ئەویش گوتی: «دانیال، تۆ بڕۆ، چونکە هەتا کاتی کۆتایی وشەکان لە پەڕتووکی داخراودا بە نهێنی هێڵدراوەتەوە. [١٠]خەڵکانێکی زۆر پاك دەبنەوە و بێ خەوش و پوختە دەبن، بەڵام خراپەکاران لە خراپە بەردەوام دەبن. کەس لە خراپەکاران تێناگات، بەڵام تێگەیشتووان تێدەگەن.

[١١]«لە کاتی داماڵینی قوربانی ڕۆژانە هەتا دانانی قێزەونی وێرانکەر، هەزار و دوو سەد و نەوەد ڕۆژ دەخایەنێت. [١٢]خۆزگە دەخوازرێ بەوەی چاوەڕێ دەکات و دەگاتە هەزار و سێ سەد و سی و پێنج ڕۆژ.

[١٣]«بەڵام تۆ، بڕۆ هەتا کاتی هاتنی کۆتایی پشوو بدە، لە کۆتایی ڕۆژگار هەڵدەستیتەوە بۆ وەرگرتنی میراتی خۆت.»

[a] ٧ عیبری: سەردەمێك و دوو سەردەم و نیو، بڕوانە ٢٥:٧.

# هۆشەع

## کورتە باسێك

**«بڕۆ ژنەکەت خۆشبوێتەوە، هەرچەندە خاوەنی دۆستە و داوێنپیسە، وەك خۆشەویستی یەزدان بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەوانیش ڕوویان لە خوداکانی دیکە کردووە و نانی کشمیشیان خۆشدەوێت.»** (١:٣).

هۆشەع لە سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین بە ڕێنمایی خودا ئەم پەڕتووکەی نووسیوەتەوە. لە دوو بەشی جیاواز پێکدێت. بەشی یەکەم لە چارەسەری ژیانی هۆشەع پێکدێت (بەشەکانی ١-٣)؛ بەشی دووەم لەو پەیامە پێکدێت کەوا هەڵیگرتبوو بۆ خەڵکی شانشینی باکوور (بەشەکانی ٤-١٤). هۆشەع پێغەمبەری شانشینی باکوور بوو بۆ گەلی ئیسرائیل، بەر لە ڕووخانی ئەو شانشینە لە ساڵی ٧٢٢ پ. ز. لەوێ دەژیا، ماوەی خزمەتەکەی ٤٠ ساڵ بوو، هاوسەردەمی پێغەمبەران ئامۆس و ئیشایا و میخا بوو. ژیانی خێزانداری هۆشەع هێمایەك بوو بۆ شانشینێکی وێران، هەروەك ژنەکەی وازی لێ هێنا و چوو داوێنپیسی کرد، هەر بەم شێوەیەش گەلی ئیسرائیل وازیان لە خودا هێنا و بەدوای بتپەرستی نەتەوەکانی دیکەدا گەڕان. بەڵام هەروەك هۆشەع پەیوەست بوو بە خۆشویستنی ژنە ناپاکەکەی و لە کۆتاییدا گەڕاندییەوە ماڵەکەی خۆی، خوداش پەیوەستە بە خۆشویستنەکەی بۆ گەلی ئیسرائیل و بەڵێنی داوە کە بیانگەڕێنێتەوە لای خۆی و خودا بپەرستن.

لەم پەڕتووکە دوو شتی پێچەوانەی یەکتر دەبینین، دڵسۆزی خودا و خۆشویستنەکەی، هەروەها گومڕابوونی ئیسرائیل و ناپاکییەکەی. ئەو وێنەیەی کە پێغەمبەر بۆ خودای دەنەخشێنێ وێنەی زیندووی دڵسۆزی و چاودێری و لێخۆشبوون و خۆشویستن و میهرەبانییە. خۆشویستنی بەردەوامی خودا بابەتی ئەم پەڕتووکەیە. بەڵام وێنەی ئیسرائیل وێنەی ژنێکی ناپاکی گوناهبار و هەڵگەڕاوەی بەدڕەوشتە، کە پڕە لە نەزانی و گێلایەتی، بەوە ڕازی نییە کە خودا داوای لێدەکات. بەڵام هەروەك خۆشویستنی هۆشەع لە کۆتاییدا سەرکەوت، خۆشەویستی خوداش دەتوانێت گۆڕانێکی پەرجوو ئاسا لە ژیانی هەرکەسێکدا بکات کە بە پەشیمانییەوە بگەڕێتەوە لای خودا.

١ ئەمە ئەو پەیامەی یەزدانە کە لە سەردەمەکانی پاشایەتی عوزیا و یۆتام و ئاحاز و حەزقیای پاشایانی یەهودا بۆ هۆشەعی کوڕی بئێری هات، کە هاوسەردەمی یارۆڤعامی کوڕی یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل بوو.

## ژن و منداڵی هۆشەع

[٢] سەرەتا یەزدان لە ڕێگەی هۆشەعەوە پەیامی خۆی ڕاگەیاند، ئینجا بە هۆشەعی فەرموو: «بڕۆ ژنێکی سۆزانی بهێنە و با منداڵی زۆڵت[a] ببێت، چونکە خەڵکی خاکەکە وەك ژنێکی داوێنپیس ناپاکی بەرامبەر بە یەزدان کردووە.» [٣] ئەویش گۆمەری کچی دیڤلایمی هێنا، سکی پڕ بوو، کوڕێکی لێ بوو.

[٤] یەزدان بە هۆشەعی فەرموو: «ناوی بنێ یەزرەعیل، چونکە پاش کەمێکی دیکە بنەماڵەی یێهو سزا دەدەم، لەسەر ئەو خوێنەی کە لە یەزرەعیل ڕشتیان، پاشایەتی ئیسرائیلیش لەناودەبەم. [٥] لەو ڕۆژەدا کەوانی ئیسرائیل لە دۆڵی یەزرەعیلدا دەشکێنم.»

[٦] دیسان گۆمەر سکی پڕ بوو، کچێکی بوو. یەزدان بە هۆشەعی فەرموو: «ناوی لێ بنێ لۆڕوحامە[b]، چونکە چیتر بەزەییم بە بنەماڵەی ئیسرائیلدا نایەتەوە، لێیان خۆشنابم. [٧] بەڵام بەزەییم بە بنەماڵەی

---

[a] ٢ زۆڵ: بیژی.

[b] ٦ واتای ناوەکەی (بەزەیی پێیدا نایەتەوە).

یەهودا دێتەوە، بە کەوان، شمشێر یان جەنگ،
ئەسپ و سوار ڕزگاریان ناکەم، بەڵکو بە یەزدانی
پەروەردگاریان ڕزگاریان دەکەم.»
٨ لەدوای ئەوەی گۆمەر لۆڕوحامەی لە شیر
بڕییەوە، دیسان سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو.
٩ یەزدان فەرمووی: «ناوی لێ بنێ لۆعامی[a]، چونکە
ئێوە گەلی من نین و منیش بۆ ئێوە نابم.
١٠ «بەڵام لە داهاتوودا ژمارەی نەوەکانی ئیسرائیل
وەک لمی دەریا دەبێت کە ناپێورێن و ناژمێردرێن،
لەو شوێنەی پێیان گوترا، "ئێوە گەلی من نین،"
بە "ڕۆڵەکانی خودای زیندوو" ناودەبردرێن.
١١ لەو کاتەدا نەوەی یەهودا و نەوەی ئیسرائیل
یەکدەگرنەوە و یەک سەرۆک بۆ خۆیان دادەنێن، لە
خاکەکە سەردەکەون و دێنە دەرەوە، چونکە ڕۆژی
یەزرەعیل گەورە دەبێت.»

٢ «بە براکانتان بڵێن: "گەلی من،" و بە
خوشکەکانتان: "بەر بەزەیی کەوتوو."

## سزادان و چاککردنەوەی ئیسرائیل

٢ «سەرزەنشتی دایکتان بکەن، سەرزەنشتی بکەن،
چونکە ئەو ژنی من نییە و
منیش مێردی ئەو نیم.
بەدڕەوشتی لە ڕوخساری و
ناپاکی لەنێوان مەمکەکانی دامالێت.
٣ ئەگینا ڕووتوقووتی دەکەمەوە،
وەک ئەو ڕۆژە ڕایدەگرم کە تێیدا لەدایک بووە؛
وەک چۆڵەوانی لێ دەکەم،
وەک خاکی وشکی لێ دەکەم،
بە تینوێتی دەیمرێنم.
٤ بەزەییم بە منداڵەکانیدا نایەتەوە،
چونکە زۆڵن.
٥ بێگومان دایکیان داوێنپیسی کردووە و
بە بێ ئابڕوویی سکی پێیان پڕ بووە.
ئەو گوتی: "دوای دۆستەکانم دەکەوم،
ئەوانەی نان و ئاو،
خوری و کەتان، زەیت و خواردنەوەم
پێدەدەن."
٦ لەبەر ئەوە ڕێگاکەی بە دڕک پەرژین دەکەم،
دیوارێک بە دەوریدا دروستدەکەم بۆ ئەوەی
ڕێڕەوەکانی نەدۆزێتەوە.
٧ دوای دۆستەکانی دەکەوێت و پێیان ناگات،
بەدوایاندا دەگەڕێت و نایاندۆزێتەوە.
ئینجا دەڵێت:
"دەچم و وەک جاران دەگەڕێمەوە بۆ لای
مێردەکەم،
چونکە ئەو کاتم لە ئێستام باشتر بوو."
٨ ئەو دانی پێدا نەناوە ئەوە من بووم کە
دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتم پێیداوە،
زێڕ و زیوم بۆی زیاد کردووە،
بەڵام ئەوان بۆ بەعل بەکاریانهێنا.
٩ «لەبەر ئەوە دەگەڕێمەوە و دانەوێڵەکەم لە
کاتی خۆیدا دەبەمەوە،
شەرابە تازەکەشم لە کاتی خۆیدا.
خوری و کەتانەکەم کە ڕووتییەکەی دادەپۆشن
لەبەری دادەکەنم.
١٠ ئێستا شوێنی شەرمی
لەبەرچاوی خۆشەویستەکانیدا دەردەخەم،
کەسیش لە دەستم فریای ناکەوێت.
١١ هەموو خۆشییەکانی ڕادەگرم:
جەژن و سەرەمانگەکانی،
شەممە و جەژنە دیاریکراوەکانی.
١٢ ڕەزەمێو و هەنجیرەکانی تێکدەدەم،
کە گوتی: "ئەوانە کرێیەکەی منن،
خۆشەویستانم پێیان داوم."
دەیانکەم بە دارستان و
ئاژەڵی کێوی دەیانخوات.
١٣ لەسەر ئەو ڕۆژانەی سزای دەدەم
کە بخووری بۆ بەعلەکان دەسووتاند،
بە خەزێم و خشڵەکانی خۆی دەڕازاندەوە،
دوای خۆشەویستانی کەوت،

[a] ٩ واتای ناوەکەی (گەلی من نییە).

بەڵام منی لەیاد کرد.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٤ «لەبەر ئەوە بە زمانی شیرین
دەیبەمە چۆڵەوانی و
بە نەرمی قسەی لەگەڵدا دەکەم.
١٥ لەوێ ڕەزەمێوەکانی دەدەمەوە،
دۆڵی عاخۆر[a] دەکەم بە دەرگای هیوا.
لەوێ وەك ڕۆژانی هەرزەکاری گۆرانی دەڵێت،
وەك ڕۆژی سەرکەوتنی لە خاکی میسرەوە.»

١٦ یەزدان دەفەرموێت: «لەو ڕۆژەدا دەبێت،
پێم دەڵێیت: ”مێردەکەم“ و
چیتر پێم ناڵێیت: ”گەورەم.“
١٧ ناوی بەعلەکان لە دەمی دادەماڵم و
ئیتر ناویان ناهێنێت.
١٨ لەو ڕۆژەدا پەیمانێکیان بۆ دەبەستم
لەگەڵ ئاژەڵی کێوی و باڵندەکانی ئاسمان و
خشۆکەکانی زەوی.
کەوان و شمشێر و جەنگ
لە خاکەکەدا بنبڕ دەکەم و
وایان لێ دەکەم بە ئاسوودەیی پاڵ بکەون.
١٩ بۆ هەتاهەتایە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و
بە ڕاستودروستی و دادوەری،
بە خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی بۆ خۆمت
نیشان دەکەم.
٢٠ بە دڵسۆزییەوە بۆ خۆم نیشانت دەکەم و
دان بە یەزداندا دەنێیت.

٢١ «یەزدان دەفەرموێت:
لەو ڕۆژەدا من کاردانەوەم دەبێت،
من کاردانەوەم بەرامبەر بە ئاسمان دەبێت و
ئەوانیش کاردانەوەیان بەرامبەر بە زەوی
دەبێت،
٢٢ زەویش کاردانەوەی بەرامبەر بە دانەوێڵە و
شەرابی نوێ و زەیت دەبێت،
ئەوانیش کاردانەوەیان بەرامبەر بە یەزرەعیل[b]
دەبێت.
٢٣ لە خاکەکەدا بۆ خۆم دەیچێنم،
بەزەییم دێتەوە بەوانەی کە فەرمووم ”بەزەییم
پێیاندا نایەتەوە.“
ئەوانەی کە پێیان دەگوترا ”گەلی من نین“ پێیان
دەڵێم: ”ئێوە گەلی منن.“
ئەوانیش دەڵێن: ”تۆ خودای ئێمەیت.“»

## ئاشتبوونەوەی هۆشەع لەگەڵ ژنەکەی

٣ یەزدان پێی فەرمووم: «دیسان بڕۆ ژنەکەت خۆشبوێتەوە، هەرچەندە خاوەنی دۆستە و داوێنپیسە، وەك خۆشەویستی یەزدان بۆ نەوەی ئیسرائیل، ئەوانیش ڕوویان لە خوداکانی دیکە کردووە و نانی کشمیشیان[c] خۆشدەوێت.»
٢ منیش دیسان بە پازدە شاقل زیو و بارێك و دوو
قەزناخ[d] جۆ کڕیمەوە، ٣ پێم گوت: «ماوەیەکی درێژ
لەگەڵ من دەژیت، بێ ئەوەی داوێنپیسی بکەیت
و بۆ هیچ پیاوێك بیت، هەروەها منیش بە هەمان
شێوە دەبم بۆت.»
٤ ئەمەش لەبەر ئەوەی ماوەیەکی درێژ نەوەی
ئیسرائیل بەبێ پاشا یان میر، بەبێ قوربانی و بەردە
تەرخانکراوەکان[e]، بەبێ ئێفۆد و تەرافیم[f] دەمێننەوە.
٥ پاش ئەوە نەوەی ئیسرائیل دەگەڕێنەوە و ڕوو لە
یەزدانی پەروەردگاریان و داودی پاشایان دەکەن،

[a] ١٥ (عاخۆر) وشەیەکی عیبرییە بە واتای تێکدان. بڕوانە یەشوع بەشی ٧.

[b] ٢٢ یەزرەعیل: ناوێکی عیبری واتە (خودا دەیچێنێت).

[c] ١ نانی کشمیش بۆ بەعل پێشکەش دەکرا وەك سوپاسگوزاری بۆ دروێنە و خەرمان.

[d] ٢ نزیکەی ٣٣٠ کیلۆگرام.

[e] ٤ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ٢١:١٦-٢٢.

[f] ٤ ئێفۆد، لە دەرچوون ١٢:٢٨دا ئەم جلوبەرگە هێمای نوێنەرایەتی کاهین بوو بۆ گەلی خودا، بەڵام تەرافیم جۆرێك بت بووە لەناو ماڵەوە، لە شێوەی مرۆڤ بووە. دەشێت لەو سەردەمەدا گەلی ئیسرائیل لە نەریتی ئایینەکانی دیکەوە وەریانگرتبێ.

لە ڕۆژانی کۆتاییدا بە لەرزەوە ڕوو لە یەزدان و
چاکەکەی دەکەن.

## سکاڵا لە دژی ئیسرائیل

٤ ئەی نەوەی ئیسرائیل، گوێ لە فەرمایشتی
یەزدان بگرن،
چونکە یەزدان سکاڵای هەیە
لە دانیشتووانی خاکەکە:
«نە وەفاداری، نە خۆشەویستی نەگۆڕ،
نە خواناسی لە خاکەکەدا هەیە.
٢ نەفرەتکردن و درۆ و کوشتن،
دزی و داوێنپیسی،
پەرەی سەندووە و
خوێنڕشتن، خوێن ڕشتنی بەدوادا دێت.
٣ لەبەر ئەوە خاکەکە شین دەگێڕێت و
ئەوەی تێیدا نیشتەجێیە بەرەو نەمان دەچێت،
بە ئاژەڵی کێوی و باڵندەی ئاسمانیشەوە،
تەنانەت ماسی دەریاش لەناودەچێت.

٤ «بەڵام با کەس سکاڵا نەکات و
کەسیش تاوانبار نەکرێت،
چونکە گەلەکەی تۆ وەك ئەوانەن کە
سکاڵا لە کاهین دەکەن.
٥ تۆش بە ڕۆژ تێکدەشکێیت و
بە شەویش پێغەمبەر لەگەڵت تێکدەشکێت،
منیش دایکت لەناودەبەم.
٦ گەلەکەم لە نەزانین لەناودەچێت.

«لەبەر ئەوەی تۆ زانینت ڕەتکردەوە،
منیش ڕەتت دەکەمەوە لەوەی کاهینیێتیم بۆ
بکەیت.
لەبەر ئەوەی فێرکردنەکانی خودای خۆتت لەیاد
کرد،
منیش نەوەکانت لەیاد دەکەم.
٧ ئەوەندەی کاهینەکان زیاد بوون،
ئەوەندەش گوناهیان لە دژی من کرد،
منیش شکۆیان دەگۆڕم بۆ شەرمەزاری.

٨ قوربانی گوناهی گەلەکەم دەخۆن و
ئاواتەخوازن کە تاوان بکات.
٩ جا کاهین وەك گەل دەبێت،
بەپێی ڕەفتارەکەی سزای دەدەم،
کردەوەکانی بەسەر خۆیدا دەدەمەوە.

١٠ «دەخۆن و تێر نابن،
لەشفرۆشی دەکەن و زیاد نابن،
چونکە وازیان لە یەزدان هێنا
بۆ ئەوەی خۆیان تەرخان بکەن ١١ بۆ
لەشفرۆشی و
بۆ شەرابی کۆن و شەرابی نوێ
کە هزر و هۆشی گەلەکەی منی بردووە.
١٢ گەلەکەم پرس بە بتە دارینەکەیان دەکەن،
وەڵام لە گۆچانەکەی دەستی وەردەگرن،
چونکە ڕۆحی لەشفرۆشی گومڕای کردوون و
دڵسۆزی خودای خۆیان نین.
١٣ لەسەر لووتکەی چیاکان قوربانی سەردەبڕن و
لەسەر گردەکان بخوور دەسووتێنن،
لەژێر دار بەڕوو و ئەسپیندار و دارەبەن،
چونکە سێبەری باشە!
لەبەر ئەوە کچەکانتان لەشفرۆشی دەکەن و
بووکەکانیشتان داوێنپیسی.

١٤ «کچەکانتان سزا نادەم
کە لەشفرۆشی دەکەن و
بووکەکانیشتان
کە داوێنپیسی دەکەن،
چونکە پیاوەکان خۆیان دەچنە پاڵ
لەشفرۆشەکان و
لەگەڵ لەشفرۆشەکان دەچنە نزرگەکان و
قوربانی سەردەبڕن.
گەلێك تێگەیشتنی نەبێت لەناودەچێت!

١٥ «ئەی ئیسرائیل، ئەگەر تۆش داوێنپیسیت،
بەڵام با یەهودا تاوان نەکات.

«مەچن بۆ گلگال و
سەرمەکەون بۆ بێتئاڤن[a] و
سوێند مەخۆن: ”بە یەزدانی زیندوو!“
١٦ وەك نوێنگینێکی[b] کەللەڕەق
ئیسرائیلیش کەللەڕەق بووە،
ئیتر یەزدان چۆن بیانلەوەڕێنێت
وەك بەرخ لە شوێنێکی پانوبەریندا؟
١٧ ئەفرایم بە بتەکانەوە بەستراوەتەوە،
وازی لێ بهێنن!
١٨ تەنانەت خواردنەوەشیان تەواوبێت،
هەر نوقومی لەشفرۆشییەکەیان دەبن،
گەورەکانیان بە تەواوی حەزیان لە
شەرمەزارییە نەك لە ڕێز.
١٩ با لەژێر باڵەکانی خۆیدا دەیپێچێتەوە،
بە قوربانییەکانیان شەرمەزار دەبن.

## حوکمی سەر ئیسرائیل

٥ «ئەی کاهینەکان، گوێتان لەمە بێت!
ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، سەرنج بدەن!
ئەی ماڵی پاشا گوێ بگرن!
حوکمەکە لە دژی ئێوەیە،
چونکە ئێوە لە میچپا بوونە تەڵە،
هەروەها تۆڕێکی ڕاخراویش بوون بەسەر
تاڤۆر.
٢ یاخیبووان لە کوشتن قووڵبوونەوە،
منیش هەموویان تەمبێ دەکەم.
٣ من ئەفرایم دەناسم و
ئیسرائیلیش لە من شاردراوە نییە.
ئەی ئەفرایم، ئێستا ڕێگای لەشفرۆشیت
گرتووەتەبەر،
ئیسرائیل گڵاو بووە.
٤ «کارەکانیان ڕێیان نادات
بۆ لای خودای خۆیان بگەڕێنەوە،
چونکە ڕۆحی لەشفرۆشی لە ناخیاندایە و
ئەوان دان بە یەزداندا نانێن.
٥ لووتبەرزی ئیسرائیل بەرەوڕوو شایەتی لەسەر
دەدات و
ئیسرائیل و ئەفرایم بە تاوانەکانیان
تێکدەشکێن،
یەهوداش لەگەڵیاندا تێکدەشکێت.
٦ بە مەڕ و مانگاکانیانەوە دەڕۆن
بۆ ئەوەی ڕوو لە یەزدان بکەن،
بەڵام بۆیان دەرناکەوێت،
چونکە لێیان دوورکەوتووەتەوە.
٧ ناپاکییان لە یەزدان کرد
چونکە منداڵی زۆڵیان[c] بوو.
ئێستا جەژنی سەرەمانگەکانیان
خۆیان و کێڵگەکانیشیان دەخوات.

٨ «لە گیڤعادا کەڕەنا لێ بدەن و
لە ڕامەش زوڕنا.
لە بێتئاڤن[d] نەعرەتەی جەنگ بکێشن؛
”ئەی بنیامین، ئێمە لەدوای تۆین.“
٩ ئەفرایم وێران دەبێت
لە ڕۆژی تەمبێکردندا.
لەنێو هۆزەکانی ئیسرائیلدا
ڕاستی ڕادەگەیەنم.
١٠ میرانی یەهودا وەك ئەوانەن
کە سنوور دەگوازنەوە،
منیش تووڕەیی خۆم وەك باران
بەسەریاندا هەڵدەڕێژم.
١١ ئەفرایم زۆرلێکراوە،
بە حوکم تێکشکێنراوە،
چونکە بڕیاری دا دوای بت بکەوێت.
١٢ من بۆ ئەفرایم وەك مۆرانەم و
وەك کلۆربوونیش بۆ بنەماڵەی یەهودا.

[a] ١٥ بێتئاڤن: واتە (ماڵی بەدکاری)، هەروەها بێتئێل واتە (ماڵی خودا).

[b] ١٦ بە گوێرەکە مێینەیەك دەگوترێت کاتێك کە لە شیر دەبڕدرێتەوە، کە تەمەنی لە یەك ساڵ تێپەڕێت.

[c] ٧ زۆڵ: بیژی

[d] ٨ بێتئاڤن: واتە ماڵی بەدکاری.

١٣ «کاتێك ئەفرایم نەخۆشییەکەی خۆی بینی و
یەهوداش ناسۆرەکەی خۆی،
ئینجا ئەفرایم چووە لای ئاشور و
بەدوای پاشا گەورەکەدا[a] ناردی.
بەڵام ناتوانێت چارەسەرتان بکات و
برینەکەتان لەسەر لاببات.
١٤ چونکە من بۆ ئەفرایم وەك شێرم و
بۆ بنەماڵەی یەهوداش وەك بەچکە شێر،
چونکە من پارچەپارچەیان دەکەم و دەڕۆم،
دەبەم و فریادڕەسیش نییە،
١٥ دەڕۆم و دەگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم
هەتا دان بە تاوانەکەیان دەنێن و
ڕوویان لە من دەکەن،
لە تەنگانەیاندا بە پەرۆشەوە ڕوویان لە من
دەکەن.»

## تۆبەنەکردنی ئیسرائیل

٦ «وەرن، با بگەڕێینەوە لای یەزدان،
چونکە ئەو پارچەپارچەی کردووین و
هەر ئەویش چارەسەرمان دەکات.
ئەو برینداری کردووین و
هەر ئەویش برینەکانمان سارێژ دەکات.
٢ دوای دوو ڕۆژ دەمانژیێنێتەوە،
لە ڕۆژی سێیەمدا هەڵماندەستێنێتەوە
بۆ ئەوەی ئێمە لەبەردەمیدا بژین.
٣ با دان بە یەزداندا بنێین،
با تێبکۆشین بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێین.
بێگومان وەك چۆن ڕۆژ هەڵدێت
ئاواش یەزدان دەردەکەوێت،
وەك بارانی زستان دێتە لامان،
وەك بەهارە باران کە زەوی ئاو دەدات.»

٤ «ئەی ئەفرایم، چیت لێ بکەم؟
ئەی یەهودا، چیت لێ بکەم؟
خۆشویستنی ئێوە وەك هەوری بەیانییان وایە،
وەك ئەو شەونمەی بە زوویی دەڕوات.
٥ لەبەر ئەوە بە پێغەمبەران پارچەپارچەم کردن،
بە وشەکانی دەمم ئێوەم کوشت،
حوکمەکەشم وەك ڕووناکی دەرکەوت.
٦ چونکە میهرەبانیم دەوێ نەك قوربانی،
لەلای من خواناسی لە قوربانی سووتاندن
گرنگترە.
٧ بەڵام ئەوان وەك ئادەم سەرپێچی پەیمانیان کرد،
لەوێدا ناپاکییان لە من کرد.
٨ گلعاد شاری خراپەکارانە و
بە خوێن پێپەستە.
٩ وەك چۆن جەردە بۆسە بۆ کەسێك دەنێنەوە،
ئاواش دەستەی کاهینەکان،
لە ڕێگادا ڕووەو شەخەم خەڵك دەکوژن.
بەدڕەوشتی ئەنجام دەدەن.
١٠ لە بنەماڵەی ئیسرائیلدا کارێکی تۆقێنەر دەبینم،
لەوێدا ئەفرایم لەشفرۆشی دەکات،
ئیسرائیل گڵاوە.

١١ «تۆش ئەی یەهودا،
ڕۆژی لێپێچینەوەت بۆ دیاریکراوە.

«هەر کاتێك بمەوێت ڕاپێچکراوانی گەلەکەم
دەگەڕێنمەوە[b]،
٧ کاتێك ئیسرائیلم چارەسەر دەکرد،
تاوانی ئەفرایم ئاشکرا بوون،
هەروەها خراپەی سامیرە.
فێڵیان کرد،
دز چووە ژوورەوە و
جەردەکانیش لە دەرەوە تاڵانیان کرد،
٢ بەڵام لە دڵی خۆیاندا بیر لەوە ناکەنەوە
کە من هەموو خراپەکەی ئەوانم لەبیرە.
ئێستا کردەوەکانیان دەوریان دەدات،
لە بەرچاومدان.

٣ «بە خراپەکەیان پاشا دڵخۆش دەکەن و

[a] ١٣ مەبەستی لە پاشای ئاشورە.

[b] ١١ گەڕاندنەوە لە ڕاپێچکراوی هێمایەك بووە بۆ نوێکردنەوەی بەختەوەری.

بە درۆکانیشیان میر.
٤ هەموو داوێنپیسن
وەك تەنوورێکی گەرمکراون
کە نانەواکە ئاگرەکەی گڕ نادات،
لە کاتی هەویر شێلانەوە تاوەکو کاتی
هەڵهاتنی.
٥ لە ڕۆژی جەژنی پاشاماندا،
میر نەخۆش دەکەون، لەبەر شەراب تایان لێ
دێت،
پاشا لەگەڵ گاڵتەجاڕان دەست تێکەڵ دەکات.
٦ چونکە دڵیان وەك ناخی تەنوورە،
بە فرتوفێڵ لە پاشا نزیك دەبنەوە.
قینیان بە درێژایی شەو کپ دەبێت و
بۆ بەیانی وەك ئاگرێکی گڕ گرتوو گەرمە.
٧ هەموویان وەك تەنوور گەرمن،
دادوەرەکانی خۆیان دەخۆن،
هەموو پاشاکانیان دەکەون،
کەسیان تێدا نییە نزا بۆ من بکات.

٨ «ئەفرایم تێکەڵ بە گەلان دەبێت.
ئەفرایم بووە بە کولێرەیەکی هەڵنەگەڕاوە.
٩ بێگانەکان هێزەکەی دەخۆن و
ئەویش پێی نازانێت.
قژی ماشوبرنج بووە و
ئەویش پێی نازانێت.
١٠ لووتبەرزی ئیسرائیل بەرەوڕوو شایەتی لەسەر
دەدات،
لەگەڵ هەموو ئەوەشدا
ناگەڕێنەوە بۆ لای یەزدانی پەروەردگاری خۆیان
و
بەدوایدا ناگەڕێن.

١١ «ئەفرایم وەك کۆترێکی لێهاتووە،
گێل و بێ مێشك،
بانگی میسر دەکەن و
بۆ لای ئاشور دەچن.
١٢ کاتێك دەڕۆن، تۆڕەکەم بەسەریاندا هەڵدەدەم،
وەك باڵندەی ئاسمان دایاندەگرم.
کاتێك کۆدەبنەوە تەمبێیان دەکەم
بەگوێرەی ئەوەی دەیبیستم.
١٣ قوڕبەسەریان، چونکە لە من هەڵاتن!
ماڵوێرانی بۆیان، چونکە لێم یاخی بوون!
من دەیانکڕمەوە،
بەڵام ئەوان درۆم بۆ هەڵدەبەستن.
١٤ کاتێك لەسەر جێگاکانیان دەناڵێنن
لە دڵەوە هاوارم بۆ ناکەن.
بۆ دانەوێڵە و شەراب کۆدەبنەوە،
لە من هەڵدەگەڕێنەوە.
١٥ من فێرم کردن و بازووی ئەوانم بەهێز کرد،
بەڵام ئەوان لە دژی من بیر لە خراپە
دەکەنەوە.
١٦ دەگەڕێنەوە، بەڵام نەك بۆ لای خودای هەرەبەرز،
وەك کەوانێکی ناڕێکیان لێدێت.
لەبەر قینی زمانیان ڕابەرانیان بە شمشێر
دەکوژرێن.
لەبەر ئەمە لە میسر دەبنە گاڵتەجاڕ.

## دورینەوەی گەردەلوول

٨ «کەڕەنا ببە بۆ دەمت!
هەڵۆیەك هاتە سەر ماڵی یەزدان،
لەبەر ئەوەی پەیمانەکەی منیان شکاند و
لە فێرکردنەکانم یاخی بوون.
٢ هاوار بۆ من دەکەن:
”ئەی خودای ئێمە، ئێمەی ئیسرائیل دانت پێدا
دەنێین!“
٣ بەڵام ئیسرائیل بێزی لە چاکە بووەوە،
لەبەر ئەوە دوژمن ڕاوی دەنێت.
٤ ئەوان پاشایان دانا، بەڵام لە منەوە نەبوو،
میریان دانا، کە من نایانناسم.
لە زێڕ و زیوەکانیان بتیان بۆ خۆیان دروستکرد،
بۆ لەناوچوونیان.
٥ ئەی سامیرە، بتە گوێرەکەکەت بەلاوە بنێ!
تووڕەییم بەسەریاندا دەجۆشێت.

هەتا کەی ناتوانن خۆیان بێگەرد ڕابگرن؟
٦ هەروەها ئەوانیش هەر لە ئیسرائیلن!
وەستایەك ئەم بتەی دروستکردووە، نابێتە خودا.
گوێرەکەکەی سامیرە پارچەپارچە دەبێت.

٧ «ئەوان با دەچێنن و
گەردەلوول دەدورنەوە.
چێنراوێك کە بەروبوومی نییە و
ئاردی لێ دروستناکرێت و
ئەگەر دروستیش کرا
بێگانەکان هەڵیدەلووشن.
٨ ئیسرائیل هەڵلووشرا!
ئێستا لەنێو نەتەوەکاندا
وەك قاپێکیان لێ هاتووە کە هیچ سوودی نییە.
٩ چونکە وەك کەرەکێوییەکی تاك و تەنها
چوونە ئاشور.
ئەفرایم خۆی بە چەند دۆستێك فرۆشتووە.
١٠ هەرچەندە ئەوان لەنێو نەتەوەکان خۆیان
فرۆشتووە،
بەڵام ئێستا من کۆیان دەکەمەوە،
ئینجا ئەوان لەژێر باری پاشای توانادار[a]
دەفەوتێن.

١١ «هەرچەندە ئەفرایم قوربانگاکانی قوربانی
گوناهی زۆر کرد،
بۆی بوونە قوربانگای گوناهکردن.
١٢ شتی زۆری بۆ دەنووسم کە پەیوەستە بە
فێرکردنەکانم،
بەڵام ئەو بە نامۆیان دادەنێت.
١٣ قوربانیم پێشکەش دەکەن و
خۆیان گۆشتەکەی دەخۆن،
بەڵام یەزدان پێیان ڕازی نییە.
ئێستا تاوانەکەیان دەهێنێتەوە یاد و
سزای گوناهەکانیان دەدات:
ئەوان دەگەڕێنەوە میسر.
١٤ ئیسرائیل دروستکەری خۆی لە یاد کرد و
چەندین کۆشکی بنیاد نا،
یەهوداش شارە قەڵابەندەکان.
بەڵام من ئاگر دەنێرمە سەر شارەکانی
ئینجا قەڵاکانی دەخوات.»

## سزای ئیسرائیل

٩ ئەی ئیسرائیل، وەك گەلان
دڵخۆش و شاد مەبە،
چونکە ناپاکیت لە خودای خۆت کرد،
حەزت لە کرێی لەشفرۆشی کرد
لەسەر هەموو جۆخینەکان[b].
٢ جۆخین و گوشەرەکانیان بەشیان ناکات،
شەرابی نوێش بەشیان ناکات.
٣ لە خاکی یەزدان نیشتەجێ نابن،
بەڵکو ئەفرایم بۆ میسر دەگەڕێتەوە و
لە ئاشوردا خواردنی گڵاو دەخۆن.
٤ شەرابی پێشکەشکراو بۆ یەزدان نارڕێنن و
قوربانییەکانیان دڵی خۆش ناکەن.
ئەو قوربانییانە بۆ ئەوان وەك نانی ماتەمە و
هەرکەسێك لێی بخوات گڵاو دەبێت.
نانەکەیان بۆ خۆیانە و
ناچێتە ناو ماڵی یەزدانەوە.

٥ لە ڕۆژی دیاریکراودا چی دەکەن،
لە ڕۆژی جەژنی یەزدان؟
٦ چونکە ئەوەتا ئەوەی لە وێرانی هەڵدێت،
میسر کۆیان دەکاتەوە و
مەمفیس لە گۆڕیان دەنێت.
دڕکوداڵ گەنجینە زیوەکانیان بە میرات دەگرێت
و
وشترالووك لە ماڵەکەیاندا دەبێت.
٧ ڕۆژانی لێپرسینەوە بەڕێوەن،
ڕۆژانی سزا بەڕێوەن.
با ئیسرائیل ئەمە بزانێت.

[a] ١٠ مەبەست لە پاشای ئاشورە.

[b] ١ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

لەبەر زۆری تاوانەکەت و
زۆری کێشمەکێشت،
پێغەمبەر بە گێل سەیر دەکەیت و
مرۆڤی ڕۆحیش بە شێت.
٨ پێغەمبەرەکە لەگەڵ خوداکەم چاودێری
ئەفرایمە،
بەڵام لە هەموو ڕێڕەوەکانی تەڵەیان نایەوە،
کێشمەکێشیش لە ماڵی خوداکەیەتی.
٩ ئەوان نوقوم بوون،
وەك ڕۆژانی گیڤعا گەندەڵ بوون،
خودا تاوانەکەیان دەهێنێتەوە بیری خۆی و
لەسەر گوناهەکانیان سزایان دەدات.

١٠ «ئیسرائیلم دۆزییەوە
وەك ترێ لە چۆڵەوانی،
لە سەرەتادا باوباپیرانتانم بینی
وەك نۆبەرەی بەری دار هەنجیرێك.
بەڵام ئەوان هاتن بۆ بەعلپەعۆر و
خۆیان بۆ خوداوەندی شەرمەزاری تەرخان کرد،
ئەوان وەك ئەو خوداوەندەی کە خۆشیان
دەویست قێزەون بوون.
١١ ئەفرایمیش شکۆمەندییەکەی وەك باڵندە
دەفڕێت،
نە لەدایکبوون و نە سکپڕی و نە دروستبوونی
کۆرپەلە.
١٢ تەنانەت ئەگەر منداڵەکانیشیان پەروەردە بکەن،
جەرگسووتاویان دەکەم بۆ ئەوەی هیچ مرۆڤێك
نەبێت.
قوڕبەسەریان
کاتێك پشتیان تێدەکەم.
١٣ ئەفرایم دەبینم، وەك شاری سورە
لە لەوەڕگا ڕواوە،
بەڵام ئەفرایم منداڵەکانی
بۆ بکوژ دەهێنێتە دەرەوە.»

١٤ ئەی یەزدان، بیاندەرێ،
چییان پێدەدەیت؟
منداڵدانێکی لەباربردە و
دوو مەمکی وشك.

١٥ «لەبەر هەموو خراپەکانیان لە گلگال
من لەوێدا قێزم لێیان بووەوە.
لەبەر کردەوە خراپەکانیان
لە ماڵی خۆم دەریاندەکەم.
ئیتر خۆشم ناوێن،
هەموو میرەکانیان یاخین.
١٦ ئەفرایم هەڵپڕووکاوە،
ڕەگیان وشك بوو،
بەر ناگرن.
ئەگەر منداڵیشیان ببێت،
منداڵە خۆشەویستەکانی سکیان دەمرێنم.»

١٧ خوداکەم ڕەتیان دەکاتەوە،
چونکە گوێیان لێی نەگرت،
لەبەر ئەوە لەنێو نەتەوەکاندا وێڵ دەبن.

١٠ ئیسرائیل دار مێوێکی پەل بڵاو بوو،
بۆ خۆی بەری دەگرت.
بەپێی زۆری بەروبوومەکەی،
قوربانگای زۆر کرد.
بەپێی باشی خاکەکەی،
بەردە تەرخانکراوەکانی جوانتر کرد.
٢ دڵیان فریودەر بوو،
ئێستا سزا دەدرێن.
یەزدان قوربانگاکانیان تێکدەشکێنێت،
بەردە تەرخانکراوەکانیان تێکدەدات.

٣ لەو کاتەدا دەڵێن: «ئێمە پاشامان نییە،
چونکە لە یەزدان نەترساین،
ئەگەر پاشاشمان هەبێت،
چیمان بۆ دەکات؟»
٤ بە سوێندی درۆ قسە دەکەن،
پەیمان دەبەستن،
ئینجا سکاڵا زیاد دەبێت

وەك گیایەكی ژەهراوی نێو زەوییەكی كێڵدراو
دەڕوێت.
٥ خەڵكی سامیرە ترسیان هەیە
لەسەر ئەو بتە گوێرەكەیەی كە لە شاری
بێتئاڤنە[a]،
چونكە گەلەكەی شینی بۆ دەگێڕن و
كاهینە بتپەرستەكانیشی لەبەر ئەو دەگرییێن،
لەبەر شكۆمەندییەكەی،
چونكە لێیان ستێنراوە.
٦ ئەویش بۆ ئاشور دەبردرێت،
وەك سەرانە بۆ پاشای شەڕانگێز.
ئەفرایم سەرشۆڕی وەردەگرێت و
ئیسرائیلیش لەسەر بتە دارینەكانی شەرمەزار
دەبێت.
٧ سامیرە و پاشاكەی وەك چیلكە دارن
بەسەر ڕووی ئاوەوە لەناودەچن.
٨ نزرگەكانی سەر بەرزاییەكانی بەدكاری[b] وێران
دەبن،
كە گوناهی ئیسرائیلن،
دڕكوداڵ لەسەر قوربانگاكانیان دەڕوێن.
ئەو كاتە بە چیاكان دەڵێن، «دامانپۆشن!» و
بە گردەكانیش دەڵێن، «بەسەرماندا بڕووخێن!»
٩ «ئەی ئیسرائیل، لە سەردەمی گیڤعاوە گوناهت
كرد،
لەوێدا وەستان،
لە گیڤعادا شەڕ نەوەی بەدكارانی نەگرتەوە؟
١٠ كەی بمەوێت تەمبێیان دەكەم،
گەلان گەلەكۆمەیان لێ دەكەن،
كاتێك بە دوو تاوانەكەیانەوە بەندن.
١١ ئەفرایم گوێرەكەیەكی[c] ڕاهێنراوە
حەز لە گێرەكردن دەكات.
لەبەر ئەوە من نیر دەخەمە سەر ملە جوانەكەی،
سوار دەخەمە سەر ئەفرایم،
یەهودا دەیكێڵێت،
یاقوبیش خەرتەی دەكات.
١٢ ڕاستودروستی بۆ خۆتان بچێنن و
بەروبوومی خۆشەویستی نەگۆڕ بدوورنەوە.
بۆ خۆتان بەیارێك بكێڵن،
چونكە كاتی ئەوەیە ڕوو لە یەزدان بكەن،
هەتا بێت و ڕاستودروستیتان بەسەردا ببارێنێت.
١٣ بەڵام ئێوە خراپەتان چاند و
بەدڕەفتاریتان دوورییەوە،
بەروبوومی درۆتان خوارد،
چونكە پشتت بە هێزی خۆت و
بە زۆری پاڵەوانەكانت بەست،
١٤ چەخماخەی جەنگ لە دژی گەلەكەت بەرز
دەبێتەوە.
هەموو قەڵاكانت تێكدەدرێن،
وەك چۆن شەلمەن لە ڕۆژی جەنگدا
بێتئەربێلی[d] تێكدا،
دایك لەگەڵ منداڵەكانیدا بەزەویدا كێشران.
١٥ ئەی بێتئێل، ئاواتان پێ دەكرێت،
لەبەر ئەوەی خراپەكەتان گەورەیە.
لە بەرەبەیاندا،
پاشای ئیسرائیل بە تەواوی لەناودەچێت.

## خۆشەویستی خودا بۆ ئیسرائیل

١١ «كە ئیسرائیل منداڵ بوو، خۆشم ویست و
لە میسرەوە بانگی كوڕەكەی خۆمم كرد.
٢ بەڵام هەرچەندەی بانگم دەكردن،
ئەوەندە منیان لە خۆیان دوورخستەوە،
قوربانییان بۆ بەعلەكان سەردەبڕی و
بخووریان بۆ وێنەی خوداوەندەكان دەسووتاند.
٣ من بووم ئەفرایمم فێری ڕۆیشتن كرد،
دەستم بە باڵیانەوە گرت،
بەڵام نەیانزانی من چاكم كردنەوە.

[a] ٥ واتا (ماڵی بەدكاری)، هەروەها بێتئێل واتا (ماڵی خودا).
[b] ٨ بەدكاری: عیبری ئاڤن، مەبەست لە بێتئاڤنە، كە ناوێكی سووكە بۆ بێتئێل.
[c] ١١ گوێرەكەیەك: واتا عیبرییەكەی گوێرەكەیەكی مێینەی سێ ساڵە.
[d] ١٤ هەولێر.

٤ بە گوریسی نەرمونیانی مرۆڤانە ڕایاندەکێشم،
بە بەستنی خۆشەویستی،
من بۆیان بووم بەوەی کە نیر لەسەر ملیان
هەڵدەگرێت،
چەمامەوە بۆ ئەوەی نانیان بدەمێ.

٥ «ئایا ناگەڕێنەوە بۆ خاکی میسر؟
بێگومان ئاشور دەبێتە پاشایان،
چونکە ڕەتیان کردەوە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە
لام؟
٦ شمشێر دەکەوێتە شارەکانیان و
شەوبەندی دەروازەکانیان تێکدەشکێنێت،
کۆتایی بە تەگبیرەکانیان دەهێنێت.
٧ گەلەکەم مکوڕن لەسەر هەڵگەڕانەوە لە من.
تەنانەت ئەگەر هاوار بۆ خودای
هەرەبەرزەکەش بکەن،
ئەو پایەبەرزیان ناکات.

٨ «ئەی ئەفرایم، چۆن وازت لێ بهێنم؟
ئەی ئیسرائیل، چۆن بە دەستتەوە بدەم؟
چۆن وەك ئەدما هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەم؟
چۆن وەك چەبۆئیمت لێبکەم؟
دڵم لێم هەڵگەڕاوەتەوە و
هەموو میهرەبانیم گڕی گرتووە.
٩ گڕی تووڕەییم ناخەمەگەڕ و
ناگەڕێمەوە ئەفرایم وێران بکەم،
چونکە من خودام نەك مرۆڤ،
من خودا پیرۆزەکەم، لەناوەڕاستی ئێوەدام،
بە قینەوە نایەم.
١٠ لەدوای یەزدانەوە دەڕۆن،
وەك شێرێك دەنەڕێنێت.
کاتێك دەنەڕێنێت،
منداڵەکان لە ڕۆژئاواوە بە لەرزەوە دێن.
١١ وەك چۆلەکە لە میسرەوە بە لەرزەوە دێن،
وەك کۆتر لە خاکی ئاشورەوە.
ئینجا لە ماڵەکانیاندا نیشتەجێیان دەکەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## گوناهی ئیسرائیل

١٢ ئەفرایم بە درۆ دەوری لێدام و
بنەماڵەی ئیسرائیلیش بە فێڵەوە،
یەهوداش هێشتا سەرسەختە بەرامبەر بە خودا،
لە پیرۆزە دڵسۆزەکە.

١٢
ئەفرایم لەسەر با دەلەوەڕێت،
دوای بای ڕۆژهەڵات کەوتووە،
هەموو ڕۆژێك درۆ و توندوتیژی زیاد دەکات.
لەگەڵ ئاشوردا پەیمان دەبەستن و
زەیتی زەیتوون بۆ میسر دەنێرێت.
٢ یەزدان لە دژی یەهودا سکاڵای هەیە،
سزای یاقوب بەپێی ڕەفتارەکەی دەدات،
کردەوەکانی بەسەر خۆیدا دەداتەوە.
٣ لەناو سکدا پاژنەی براکەی گرت و
بە هێزی خۆی لەگەڵ خودا کەوتە زۆرانێ.
٤ لەگەڵ فریشتەکە زۆرانێی کرد و سەرکەوت،
گریا و پاڕایەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵی میهرەبان
بێت.
لە بێتئێل تووشی بوو،
لەوێ قسەی لەگەڵی کرد[a].
٥ یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار،
ناوبانگی یەزدانە!
٦ تۆش بۆ لای خودات بگەڕێوە،
خۆشەویستی نەگۆڕ و دادپەروەری پەیڕەو بکە و
هەمیشە چاوەڕوانی خودای خۆت بە.

٧ بازرگان تەرازووی ساختەی لە دەستدایە،
حەز دەکات ستەم بکات.
٨ ئەفرایم گوتی:
«من دەوڵەمەند بووم و سامانم بۆ خۆم
پێکەوەنا،
لە هەموو سامانەکەم خراپەیەکم تێدا نابیننەوە
کە گوناه بێت.»

٩ «من یەزدانی خودای ئێوەم،
ئەوەی لە خاکی میسرەوە تۆی دەرهێنا،

[a] ٤ قسەی لەگەڵێدا کرد: بڕوانە، بۆ نموونە، پەیدابوون ٣٢:‏٣٠.

دووبارە لەناو چادرەکان نیشتەجێت دەکەم،
وەك ڕۆژانی جەژن.
١٠ قسەم لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا کرد و
بینینی زۆرم بۆ ئاشکرا کردن،
هەروەها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە نموونەم
هێنایەوە.»

١١ ئایا خراپەکاری لە گلعاد هەیە؟
بێگومان دانیشتووانەکەی پووچن!
لە گلگال گا دەکەن بە قوربانی،
بەڵێ، بەڵام قوربانگاکانیان وەك کۆمەڵە بەرد
دەبن
لەسەر هێڵەکانی جووتی کێڵگەدا.
١٢ یاقوب بۆ دەشتودەری ئارام[a] هەڵات و
ئیسرائیل لە پێناوی ژنێکدا خزمەتی کرد،
لە پێناوی ژنێکدا شوانەتی کرد.
١٣ یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرێکەوە ئیسرائیلی لە
میسر دەرهێنا و
لە ڕێگەی پێغەمبەرێکیشەوە چاودێری کرد.
١٤ بەڵام ئەفرایم زۆر بە خراپی یەزدانی پەست کرد،
پەروەردگارەکەشی تاوانی ئەو خوێنەی
لەسەریەتی دەیهێڵێتەوە و
سووکایەتییەکەی بەسەر خۆیدا دەداتەوە.

## تووڕەیی یەزدان لەسەر ئیسرائیل

١٣ کاتێك ئەفرایم قسەی کرد، لەرزین
پەیدابوو،
ئەویش لە ئیسرائیلدا پایەدار بوو،
بەڵام خۆی تاوانبار کرد بە پەرستنی بەعل و
مرد.
٢ ئێستا گوناهیان زیاتر و زیاتر دەکەن،
لە زیوەکانیان بتی لەقاڵبدراو بۆ خۆیان
دروستدەکەن،
بتی دروستکراو بەپێی تێگەیشتنی خۆیان،
هەمووی دەستکردی وەستایە.
دەربارەیان دەڵێن:
«ئەوانە مرۆڤ دەکەنە قوربانی،
بتە گوێرەکەکان ماچ دەکەن!»
٣ لەبەر ئەوە وەك هەوری بەیانییان دەبن و
وەك ئەو شەونمەی بە زوویی دەڕوات،
وەك پووشی جۆخین کە دەدرێت بەدەم باوە،
وەك دووکەڵ لە کلاوڕۆژنەوە[b].

٤ «بەڵام من یەزدانی پەروەردگارتم،
ئەوەی لە خاکی میسر دەریهێنایت.
جگە لە من دان بە هیچ خودایەکی دیکەدا
نانێیت،
جگە لە منیش هیچ خودایەك ڕزگارکەر نییە.
٥ من لە چۆڵەوانیدا چاودێری تۆم کرد،
لە زەوی تینوویێتی.
٦ کاتێك لە لەوەڕ تێربوون،
کە تێربوون دڵیان بەفیز بوو،
لەبەر ئەوە منیان لەیاد کرد.
٧ جا وەك شێر دەبم بۆیان،
وەك پڵنگ لەسەر ڕێگا خۆم مات دەکەم.
٨ وەك ورچێکی جەرگسووتاو پەلاماریان دەدەم و
پەردەی دڵیان دەدڕێنم.
وەك شێرە مێ لەوێ دەیانخۆم،
ئاژەڵی کێوی پارچەپارچەیان دەکەن.

٩ «ئەی ئیسرائیل، تۆ لەناوچوویت،
چونکە تۆ لە دژی منیت، لە دژی یارمەتیدەری
خۆتیت.
١٠ ئێستا کوا پاشاکەت؟
تاکو لە هەموو شارۆچکەکانت ڕزگارت بکات،
کوا ئەو فەرمانڕەوایانەی کە سەبارەت بەوان
گوتت:
"پاشا و میرم بدەرێ"؟
١١ لە تووڕەییمدا پاشایەکم پێت دا و

[a] ١٢ میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێوان دجلە و فورات. بڕوانە پەیدابوون ٢:٢٨.

[b] ٣ وەك پەنجەرەیە، دەلاقەیەکە بۆ هاتوچۆی هەوا و گێڕانەوەی تیشکی خۆر.

لە هەڵچوونمدا بردمەوە.
١٢ تاوانەکانی ئەفرایم ئەمبار کراون،
گوناهەکانیشی تۆمارکراون.
١٣ ژانی منداڵبوون بەسەریدا دێت،
بەڵام منداڵێکی نەفامە،
چونکە لە کاتی خۆیدا نایەت و
لە منداڵدان ناترازێتە خوارەوە.

١٤ «لە دەست جیهانی مردووان خۆمیان بۆ بەخت دەکەم،
لە مردن دەیانکڕمەوە.
ئەی مردن، کوا دەردەکانت؟
ئەی جیهانی مردووان، کوا وێرانکاریت؟

«میهرەبانی لە چاوەکانم شاردراونەتەوە،
١٥ هەرچەندە لەناو براکانیدا بە بەروبووم بوو.
بایەکی ڕۆژهەڵات دێت،
بای یەزدان لە چۆڵەوانی هەڵدەکات،
ئینجا کانییەکەی کوێردەبێتەوە و
سەرچاوەکەی بێ ئاو دەبێت.
گەنجینەی هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانی
تاڵان دەکرێت.
١٦ خەڵکی سامیرە تاوانبار دەکرێن،
چونکە لە خودای خۆی یاخی بوون،
بە شمشێر دەکوژرێن و
منداڵەکانیان تێکدەشکێنرێن،
سکی سکپڕان هەڵدەدڕێت.»

## تۆبەکردن بۆ وەرگرتنی بەرەکەت

١٤ ئەی ئیسرائیل، بۆ لای یەزدانی
پەروەردگاری خۆتان بگەڕێنەوە،
چونکە بە تاوانی خۆتان تێکشکان!
٢ ئەم قسانە لەگەڵ خۆتان ببەن و
بگەڕێنەوە لای یەزدان،
پێی بڵێن:
«لە هەموو تاوانێك خۆشبە و
بە چاکەی خۆت وەرمانبگرە،
بەروبوومی لێوەکانمان سوپاسکردنی تۆ دەبێت.[a]
٣ ئاشور ڕزگارمان ناکات.
سواری ئەسپ نابین،
جارێکی دیکە بە دەستکردەکانمان ناڵێین،
”خوداوەندەکانمان،“
چونکە لەلایەن تۆ هەتیو بەر بەزەیی دەکەوێت.»

٤ «من هەڵگەڕانەوەیان چاك دەکەمەوە،
بە دڵفراوانییەوە ئەوانم خۆشدەوێت،
چونکە تووڕەییم لەوان دامرکایەوە.
٥ بۆ ئیسرائیل وەك شەونم دەبم،
ئەویش وەك سەوسەن گوڵ دەکات و
وەك دار ئورزی لوبنان ڕەگ دادەکوتێت،
٦ چڵەکانی درێژ دەبنەوە،
جوانییەکەی وەك دار زەیتوون دەبێت و
وەکو دار ئورزی لوبنان بۆندار دەبێت.
٧ نیشتەجێبووان لە سایەی سێبەرەکەی دەگەڕێنەوە.
وەك دانەوێڵە دەژیێنەوە و
وەك مێو دەگەشێنەوە.
ناوبانگی وەك شەرابی لوبنان دەبێت.
٨ ئەی ئەفرایم، لەمەولا چ پەیوەندییەکم بە بتەوە هەیە؟
من وەڵام دەدەمەوە و چاودێریت دەکەم،
من وەك دار سنەوبەرێکی سەوزم،
بەروبوومەکەت لەلایەن منەوەیە.»

٩ کێ دانایە و لە ئەمانە تێدەگات؟
کێ تێگەیشتووە و دەیانزانێت؟
چونکە ڕێگاکانی یەزدان ڕاستن و
ڕاستودروستان پێیدا دەڕۆن،
بەڵام یاخیبووەکان ساتمەی تێدا دەکەن و دەکەون.

[a] ٢ لێوەکانمان ستایشی تۆ دەکەن، بڕوانە عیبرانییەکان ١٥:١٣.

# یۆئێل

**کورتە باسێك**

**ڕۆژی سزای دادپەروەرانە نزیکە، بە ڕاستگۆییەوە تۆبە بکەن، بگەڕێنەوە لای خودا، بەرەکەتدار دەبن.**

زۆربەی شارەزایانی کتێبی پیرۆز مێژووی ئەم پەڕتووکە دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین. لەم پەڕتووکە پێغەمبەر یۆئێل هێرشکردنی کوللەی وەك هێمایەك بەکارهێناوە بۆ ئەوەی باسی سزای خودا بکات کە هەر دەبێت بێتە سەر ئۆرشەلیم. هەروەك ڕەوە کوللە بەروبوومی هەموو خاکەکەی لووشدا بە هەمان شێوەی لەشکری دوژمنان هەموو خاکی یەهودا ڕاو دەکەن، مەگەر ئەوەی کە لە گوناهەکانیان تۆبە بکەن و هەموویان بگەڕێنەوە لای خودا. ئەگەر گەل بەدەنگ پەیامەکەی پێغەمبەر یۆئێلەوە بێن و واز لە خراپەکانیان بهێنن ئەوا دەرفەت لەدەست نەچووە و لەبەردەستە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنن. ڕەزامەندی خودا تەنها بۆ ئەو سەردەم نییە بەڵکو بۆ داهاتووشە، بۆ ئەو کاتەی کە خودا ڕۆحی خۆی بەسەر هەموو خەڵکدا دەڕێژێت (٢:‏٢٨-٣٢). هەندێك لەوانە هاتنە دی، هەروەك لە پەیمانی نوێ لە ڕۆژی پەنجایەمین دەرکەوت (کردار ٢:‏١٦-٢١).

تەوەری پەیامی یۆئێل لەسەر سزای خودا بوو کە بەرەو ڕوویان دەهات لە ئەگەری تۆبە نەکردنی خەڵکی ئۆرشەلیم. هەروەك ڕەوە کوللە خاکەکەیان لە هەموو دارێکی سەوز داماڵی و بە وشکی بەجێیان هێشت، بە هەمان شێوە خودا وا دەکات خاکەکە خەڵکەکەی خۆی لێ نەمێنێت؛ بەڵام ئەگەر تۆبەیان کرد و دڵیان بۆ خودا بوو، ئەوا دڵخۆش دەبن و بەرەکەتەکانی خودا وەردەگرن.

١ پەیامی یەزدان کە بۆ یۆئێلی کوڕی پەتوئێل هات:

## هێرشی کوللە

٢ ئەی پیران، گوێ لەمە بگرن،
ئەی هەموو دانیشتووانی خاکەکە، گوێ شل بکەن.
ئایا ئەمە لە سەردەمی ئێوە
یان لە سەردەمی باوباپیرانتان ڕوویداوە؟
٣ ئەمە بۆ کوڕەکانتان بگێڕنەوە،
کوڕەکانیشتان بۆ کوڕەکانیان،
کوڕەکانیشیان بۆ نەوەی دوای خۆیان.
٤ ئەوەی لەبەر کوللەی قرتێنەر مایەوە
کوللەی گەورە لووشیان دا،
ئەوەی لەبەر کوللەی گەورە مایەوە
پێکوڕە لووشیان دا،
ئەوەش کە لەبەر پێکوڕە مایەوە
وردە کوللەی لووشیان دا.
٥ ئەی سەرخۆشەکان، بەئاگا بێن و بگریێن!
ئەی هەموو ئەوانەی شەراب دەخۆنەوە،
واوەیلا بۆ شەرابی شیرین بکەن،
چونکە لە دەمتان بڕاوە.
٦ نەتەوەیەك پەلاماری خاکەکەمی دا،
بەهێز و بێشومارە،
ددانەکانی ددانی نەڕە شێرە و
کەڵبەی شێرە مێی هەیە.
٧ دار مێوەکەمی وێران کردووە و
دار هەنجیرەکەمی تێکشکاندووە،
توێکڵەکەی داتاشیوە و فڕێیداوە،
لقەکانی سپی بوونەوە.

٨ شین بگێڕە وەك پاکیزەیەکی جلوبەرگی گوش[a] پۆشیو،
بۆ مێردی گەنجییەتی کە نەماوە.
٩ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەراب
لە ماڵی یەزدان بڕایەوە،
کاهینەکان دەلاوێننەوە،
ئەوانەی خزمەتکاری یەزدانن.
١٠ کێڵگەکان وێران بوون،
خاك شیوەنی گێڕا،
چونکە دانەوێڵە فەوتا،
شەرابی نوێ نەما،
ڕۆن لە هیزە بڕا.

١١ ئەی جوتیارەکان، نائومێد بن،
ڕەزەوانەکان، واوەیلا بکەن،
بۆ گەنم و جۆ،
چونکە دروێنەی کێڵگە لەناوچوو.
١٢ دار مێو وشك هەڵگەڕا و
دار هەنجیر سیس بوو،
دار هەنار و خورما و سێو،
هەموو درەختەکانی کێڵگە وشك هەڵگەڕان.
بە دڵنیاییەوە شادی و خۆشی بۆ گەل نەما.

## بانگەوازی تۆبەکردن

١٣ ئەی کاهینەکان، گوش بپۆشن و بلاوێننەوە،
ئەی خزمەتکارانی قوربانگا، واوەیلا بکەن.
ئەی خزمەتکارانی خوداکەم،
وەرن و شەو بە بەرگی ماتەمەوە بمێننەوە،
چونکە پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەراب
لە ماڵی خوداتان ڕاگیراوە.
١٤ ڕۆژووگرتنێك ڕابگەیەنن،
بۆ کۆبوونەوەیەکی پیرۆز بانگیان بکەن،
پیران کۆبکەنەوە،
هەموو دانیشتووانی خاکەکەش
بێنە ماڵی یەزدانی پەروەردگارتان،
هاوار بکەن بۆ یەزدان.

١٥ ئای بۆ ئەو ڕۆژە!
چونکە ڕۆژی یەزدان[b] نزیك بووەتەوە،
وەك وێرانبوون لەلایەن خودای هەرە بە تواناوە دێت.

١٦ ئایا لەبەرچاومان خواردن نەبڕاوە؟
ئایا لە ماڵی خودامان خۆشی و شادی ماوە؟
١٧ تۆوی دانەوێڵەکان
لەژێر بارستی خاکدا ڕزین،
کۆگاکان چۆڵ کران،
ئەمبارەکان وێران کران،
چونکە دانەوێڵە وشك بوو.
١٨ ماڵاتەکان چۆن دەناڵێنن!
مێگەلەکان بەڕەڵا بوون،
چونکە لەوەڕگایان نییە،
تەنانەت ڕانە مەڕەکانیش ماندوون.

١٩ ئەی یەزدان، هاوار بۆ تۆ دەکەم،
چونکە ئاگر لەوەڕگاکانی دەشتودەری خوارد،
گڕێك هەموو درەختەکانی کێڵگەی سووتاند.
٢٠ تەنانەت ئاژەڵە کێوییەکانیش چاویان لە دەستی تۆیە،
چونکە جۆگەلە ئاوەکان وشکیان کردووە و
ئاگر لەوەڕگاکانی دەشتودەری خواردووە.

## سوپای کوللە

٢ لە سییۆن فوو بە کەڕەنادا بکەن،
لەسەر کێوی پیرۆزم هاوار بکەن بۆ ئاگادارکردنەوە.

با هەموو دانیشتووانی خاکەکە بلەرزن،
چونکە ڕۆژی یەزدان دێت و نزیکە.
٢ ڕۆژی تاریکی و ئەنگوستەچاوە،

[a] ٨ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

[b] ١٥ لێرەدا مەبەست لە ڕووداوێکە کە دەبێتە سزای ئیسرائیل لەلایەن خوداوە لەسەر ستەمکاری و خراپەکارییان.

ڕۆژی هەور و تەمی چڕە.
وەك کازێوە باڵی بەسەر چیاکاندا دەکێشێت،
سوپایەکی گەورە و بەهێز دێت،
لە دێرزەمانەوە هاوشێوەی نەبووە،
لە نەوەی داهاتووش شتی وا نابێتەوە.

٣ لەپێشیانەوە ئاگر دەخوات و
لەپشتیشیانەوە گڕ دەسووتێنێت.
لەپێشیانەوە خاك وەك باخچەی عەدەنە،
لەپشتیشیانەوە چۆڵەوانییەکی وێرانە،
هیچ لێیان دەرباز نابێت.
٤ دیمەنیان وەك دیمەنی ئەسپە،
وەك سوار غار دەدەن.
٥ وەك دەنگی گالیسکە
لەسەر لووتکەی چیاکان باز دەدەن،
وەك دەنگی گڕی ئاگرە کە پوشوپەڵاش
هەڵدەلووشێت،
وەك سوپایەکی بەهێزی ڕیزبەستووە بۆ
جەنگ.

٦ لەبەردەم ئەوان، گەلان سڵ دەکەنەوە،
هەموو دەموچاوێك ڕەنگی هەڵدەبزڕکێت.
٧ وەك پاڵەوان هێرش دەبەن،
وەك جەنگاوەر بە شووراکاندا هەڵدەگەڕێن.
هەموویان لەسەر یەك هێڵ دەڕۆن و
لە ڕێچکەی خۆیان لانادەن.
٨ تەنگ بە یەکتری هەڵناچنن و
هەریەکەیان بە ڕیزی خۆیدا دەڕوات،
بە سەنگەرەکاندا ڕەت دەبن،
بەبێ ئەوەی ڕیزەکانیان بشکێنن.
٩ بەناو شارەکەدا غار دەدەن،
بەسەر شووراکاندا ڕادەکەن،
سەردەکەونە سەر ماڵەکان،
وەك دز بەناو پەنجەرەکاندا دێنە ژوورەوە.

١٠ لەبەردەمیان زەوی دەلەرزێت،
ئاسمان دەهەژێت،
خۆر و مانگ تاریك دەبن و
ئەستێرەکان تروسکایی خۆیان ڕادەگرن.
١١ یەزدان دەنگی بەرز دەکاتەوە
لەپێش سوپاکەیەوە،
سەربازەکانی زۆر زۆرن،
ئەوانەی فەرمانەکەی بەجێدەهێنن بە هێزن.
ڕۆژی یەزدان گەورەیە،
زۆر سامناکە.
کێ خۆی لەبەری دەگرێت؟

## دڵتان دابدڕن

١٢ یەزدان دەفەرموێت: «بەڵام ئێستا،
بە هەموو دڵتانەوە بگەڕێنەوە لام،
بە ڕۆژووگرتن و گریان و شیوەن گێڕانەوە.»

١٣ دڵتان دابدڕن نەك جلەکانتان،
بگەڕێنەوە لای یەزدانی پەروەردگارتان،
چونکە میهرەبان و بە بەزەییە،
پشوودرێژە،
خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی زۆرە،
لە خراپە پاشگەز دەبێتەوە.
١٤ کێ دەزانێت؟ ڕەنگە بگەڕێتەوە و پاشگەز
بێتەوە،
لەپاش خۆیەوە بەرەکەت بەجێبهێڵێت،
بۆ پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەراب
بۆ یەزدانی پەروەردگارتان.

١٥ لە سییۆن فوو بە کەڕەنادا بکەن،
ڕۆژووگرتنێك ڕابگەیەنن،
بۆ کۆبوونەوەیەکی پیرۆز بانگیان بکەن.
١٦ گەل کۆبکەنەوە و
کۆمەڵ تەرخان بکەن،
پیران خڕبکەنەوە و
منداڵان کۆبکەنەوە
لەگەڵ شیرەخۆرەکان.
با زاوا لە ژوورەکەیەوە بێتە دەرەوە،
بووکیش لە کوللەکەی.
١٧ با کاهینەکان، خزمەتکارانی یەزدان،

لەنێوان هەیوانەکە و قوربانگاکەدا بگریێن.
با بڵێن: «ئەی یەزدان، دڵت بە گەلەکەت
بسووتێت،
میراتەکەت مەکە جێگای تانە و تەشەر،
هەتا گەلان بیانکەنە پەند.
بۆچی لەنێو گەلاندا بڵێن: ”کوا خوداکەیان؟“»

## وەڵامی یەزدان

١٨ ئینجا یەزدان خۆشەویستی بۆ خاکەکەی
دەردەبڕێت و
بەزەیی بە گەلەکەیدا دێتەوە.

١٩ یەزدان وەڵام دەداتەوە و بە گەلەکەی
دەفەرموێت:

«دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتتان بۆ دەنێرم،
هەتا ئەوەی لێی تێردەبن،
ئیتر ناتانکەمە جێگای تانە و تەشەری
نەتەوەکان.

٢٠ «ئەو سوپایەش کە لە باکوورەوە هاتووە لێتان
دوور دەخەمەوە،
دەریدەکەم بۆ زەوییەکی وشك و وێران،
ڕووی لە دەریای ڕۆژهەڵاتە[a] و
پشتیشی لە دەریای ڕۆژئاوایە[b]،
بۆگەنییەکەی سەرکەوت و
بۆنە پیسەکەی بڵاو دەبێتەوە.»

بێگومان کاری مەزنی ئەنجام داوە.
٢١ ئەی زەوی مەترسە!
شاد و دڵخۆش بە،
چونکە یەزدان کاری مەزنی ئەنجام داوە.
٢٢ ئەی ئاژەڵە کێوییەکان مەترسن،
چونکە لەوەڕگاکانی دەشتودەر سەوز دەبن،
درەختەکان بەر دەگرن،
دار هەنجیر و دار مێو بەرێکی زۆر دەردەخەن.

٢٣ ئەی نەوەی سییۆن،
شاد و دڵخۆش بن بە یەزدانی پەروەردگارتان،
چونکە بۆ دەرکەوتنی ڕاستودروستی پاییزە بارانی
پێدان.
پاییزە باران و بەهارە باران
هەروەك پێشتر بەسەرتاندا دەبارێنێت.
٢٤ ئیتر جۆخینەکان[c] پڕ دەبن لە دانەوێڵە و
قەڕابەکان سەرڕێژ دەبن لە شەراب و زەیت.

٢٥ «قەرەبووی ئەو ساڵانەتان دەکەمەوە کە کوللەی
گەورە خواردیان،
پێکوڕە و وردە کوللە و
کوللەی قرتێنەر،
لەشکرە گەورەکەم کە ناردمە سەرتان.
٢٦ ئینجا زۆر دەخۆن و تێر دەبن،
ستایشی ناوی یەزدانی پەروەردگاری خۆتان
دەکەن،
ئەوەی کاری سەرسوڕهێنەری لەگەڵدا کردن،
بۆ هەتاهەتایە گەلەکەم سەرشۆڕ نابێت.
٢٧ ئیتر دەزانن کە من لەناوەڕاستی ئیسرائیلم،
کە من یەزدانی پەروەردگارتانم و
بێجگە لە من یەکێکی دیکە نییە.
بۆ هەتاهەتایە گەلەکەم سەرشۆڕ نابێت.

## ڕۆژی یەزدان

٢٨ «پاش ئەمانە،
ڕۆحم بەسەر هەموو خەڵکدا دەڕێژم.
کوڕان و کچانتان پەیامی خودا ڕادەگەیەنن،
پیرانتان خەون دەبینن،
گەنجانتان بینینیان بۆ ئاشکرا دەکرێت.
٢٩ تەنانەت بەسەر بەندە و کەنیزەکانیشم،
لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی خۆم دەبارێنم.
٣٠ پەرجوو[d] لە ئاسمان و

---

[a] ٢٠ دەریای مردوو.
[b] ٢٠ دەریای ناوەڕاست.
[c] ٢٤ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.
[d] ٣٠ پەرجوو: موعجیزە.

زەویدا نیشان دەدەم،
خوێن و ئاگر و ستوونی دووکەڵ.
٣١ خۆر دەبێتە تاریکی و
مانگیش دەبێتە خوێن،
بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی یەزدان
بێت.
٣٢ بەڵام هەرکەسێك بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە
ڕزگاری دەبێت،
چونکە هەروەك یەزدان فەرمووی،
ڕزگاربوون لە کێوی سییۆن و
لە ئۆرشەلیم دەبێت،
بۆ ئەوانەیە کە ماونەتەوە،
ئەوانەی یەزدان بانگهێشتی کردوون.

## حوکمی نەتەوەکان

٣ «لەو ڕۆژانەدا و لەو کاتەدا،
کاتێك ڕاپێچکراوەکانی یەهودا و
ئۆرشەلیم دەگەڕێنمەوە،
٢ هەموو نەتەوەکان خڕدەکەمەوە و
دەیانبەمە خوارەوە بۆ دۆڵی یەهۆشافات[a].
لەوێدا دادگاییان دەکەم،
لەسەر گەلەکەم و میراتەکەم، ئیسرائیل،
کە لەنێو نەتەوەکاندا پەرتوبڵاویان کردنەوە و
زەوییەکەی منیان دابەش کرد.
٣ لەسەر گەلەکەم تیروپشکیان کرد،
منداڵیان بۆ لەشفرۆش فرۆشت،
کچیان بۆ شەراب فرۆشت
بۆ ئەوەی بیخۆنەوە.

٤ «ئەی سور و سەیدا و هەموو ناوچەکانی
فەلەستیە، ئیتر ئێوە چیتان لە دژی من هەیە؟
ئایا تۆڵەم لێ دەستێننەوە؟ جا ئەگەر تۆڵەم
لێ بستێننەوە، بە پەلە و خێرا بەسەر خۆتانیدا
دەهێنمەوە، ٥ چونکە ئێوە زێڕ و زیوەکەی منتان برد
و گەنجینە باشەکانی منتان بردە ناو پەرستگاکانی
خۆتان. ٦ نەوەی یەهودا و نەوەی ئۆرشەلیمتان بە
نەوەی یۆنانییەکان فرۆشت، تاکو لە نیشتیمانی
خۆیان دووریان بخەنەوە.
٧ «ببینن، من لەو شوێنەوە کە ئەوانتان پێی
فرۆشتبوو هەڵیاندەستێنم، ئەوەی کردبووتان بەسەر
خۆتانیدا دەهێنمەوە. ٨ کوڕ و کچەکانتان دەفرۆشمە
نەوەی یەهودا، ئەوانیش دەیانفرۆشنە سەبئییەکان،
نەتەوەیەکی دوور.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٩ ئەمە لەنێو نەتەوەکاندا ڕابگەیەنن:
خۆتان بۆ جەنگێك ئامادە بکەن!
پاڵەوانەکان هەڵتسێنن!
با هەموو جەنگاوەران پێشبکەون و هێرش
بکەن.
١٠ گاسنەکانتان بکوتن و بیکەنە شمشێر،
داسەکانیشتان بکەنە ڕم.
با لاواز بڵێت،
«من پاڵەوانم!»
١١ ئەی هەموو نەتەوەکانی دەوروبەر، بە پەلە
وەرن،
لەوێدا کۆببنەوە.

ئەی یەزدان، پاڵەوانەکانت دابەزێنە!

١٢ «نەتەوەکان هەڵدەستن و دێن،
بۆ دۆڵی یەهۆشافات،
چونکە لەوێدا دادەنیشم بۆ دادگاییکردنی
هەموو نەتەوەکانی دەوروبەر.
١٣ داسەکە ڕاوەشێنن،
چونکە دروێنەکە پێگەیشتووە.
وەرن ترێ بپلیشێننەوە،
چونکە گوشەرەکە پڕ بووە،
قەڕابەکە سەرڕێژ دەبێت،
چونکە خراپەیان زۆرە!»

١٤ «لە دۆڵی بڕیار
کۆمەڵ، کۆمەڵ!
چونکە ڕۆژی یەزدان نزیکە

[a] ٢ لە عیبری بە واتای خودا دادگایی دەکات.

لە دۆڵی بڕیار.
١٥ خۆر و مانگ تاریك دەبن و
ئەستێرەکان تروسکایی خۆیان ڕادەگرن.
١٦ یەزدانیش لە سییۆنەوە دەنەڕێنێت،
لە ئۆرشەلیمەوە دەنگی بەرز دەکاتەوە،
ئاسمان و زەوی دەهەژێن.
بەڵام یەزدان پەناگایە بۆ گەلەکەی خۆی،
قەڵایە بۆ نەوەی ئیسرائیل.

## بەرەکەتی سەر گەلی خودا

١٧ «ئیتر دەزانن کە من یەزدانی پەروەردگارتانم،
لە سییۆن نیشتەجێم، کێوی پیرۆزم.
ئۆرشەلیمیش پیرۆز دەبێت؛
لەمەودوا بێگانە بەناویدا تێناپەڕێت.

١٨ «لەو ڕۆژەدا چیاکان خۆشاوی ترێیان لێ دەتکێت،
گردەکان شیریان لێ دەڕژێت؛
هەموو کەندەکانی یەهودا ئاویان لەسەر
دەڕژێت،
کانییەك لە ماڵی یەزدانەوە هەڵدەقوڵێت،
دۆڵی شەتیم[a] ئاو دەدات.
١٩ بەڵام میسر وێران دەبێت،
ئەدۆمیش دەبێتە چۆڵەوانییەکی وێران،
لەبەر ئەوەی ستەمیان لە نەوەی یەهودا کرد،
خوێنی بێتاوانیان لە خاکەکەیاندا ڕشت.
٢٠ یەهوداش هەتاهەتایە ئاوەدان دەبێت،
ئۆرشەلیمیش نەوە دوای نەوە.
٢١ لەو خوێنڕشتنەیان خۆشدەبم
کە پێشتر لێی خۆش نەبووم.»

یەزدانیش لە سییۆن نیشتەجێ دەبێت!

[a] ١٨ یان: دۆڵی داری ئەکاسیا، شوێنێکی وشك و بێ ئاو بووە.

# ئامۆس

**کورتە باسێك**

**خودای سوپاسالار لەگەڵ کەسی لووتبەرز و لەخۆڕازی نەرمونیان نابێت، بەڵکو بەوپەڕی دادپەروەرییەوە سزای هەموو مرۆڤێکی خراپ دەدات، ئیتر شانشینەکەی دەهێنێت.**

ئامۆسی پێغەمبەر لە نزیکەی سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین بە سروشی ڕۆحی پیرۆز ئەم پەڕتووکەی نووسیوە. ئامۆس هاوسەردەمی پێغەمبەران هۆشەع و ئیشایا و میخا ژیاوە. پەیامی ئامۆس وەك پەیامی هۆشەع بوو، ئاراستەی شانشینی ئیسرائیلی باکوور بوو، هەرچەندە خۆی لە شانشینی باشوور لەدایك ببوو. پەیامەکەی ڕاگەیاندنی دادوەری خودا بوو بۆ نەتەوەکانی دەوروبەر، ئینجا بە وردی باسی چارەنووسی خودی ئیسرائیلی کردووە، لەدوای ئەوە کۆمەڵێك گوناهی نەوەی ئیسرائیلی باسکردووە، بە تایبەتی ئەو گوناهە کۆمەڵایەتییانەی لە سەردەمی ئەو باو بوون، ستەمکاری، بەرتیل، چاوچنۆکی و بتپەرستی. لەدوای ئەوەش چەند بینینێکی بۆ دەرکەوتووە کە ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی دووپات دەکاتەوە؛ ئینجا پەڕتووکەکە بە هیوایەکی لاواز کۆتایی دێت بۆ تۆبەکردنی گەلی ئیسرائیل.

پەیامی ئامۆس پشت بە باوەڕ دەبەستێ بە ڕاستودروستی هەتاهەتایی خودا. لەبەر ئەوەی خودا ڕاستودروستە، داوا لە گەلەکەی دەکات ڕاستودروست بێت. ئەگەر سەرکەوتوو نەبوون لەوەی باوەڕ و چاکەیان دەربخەن، بەهۆی ژیانی هەڵەیان کە پەیڕەوی دەکەن، ئەوا بێگومان دەبێ هەژمارەکەیان بدەنە خودا و سزا بدرێن. هەروەها خودا سزای تۆبە نەکردن پیشانی گەلەکەی دەدات (٦:٥).

١ ئەمە پەیامی ئامۆسە کە یەکێك بوو لە شوانەکانی شارۆچکەی تەقۆعە، دوو ساڵ پێش بوومەلەرزەکە لە سەردەمی عوزیای پاشای یەهودا و لە سەردەمی یارۆڤعامی کوڕی یەهۆئاشی پاشای ئیسرائیل، ئەم بینینەی دەربارەی ئیسرائیل بۆ ئاشکرا کرا.
٢ گوتی:

«یەزدان لە سییۆنەوە دەنەڕێنێت،
لە ئۆرشەلیمەوە دەنگی دێت،
لەوەڕگای شوانەکان شیوەن دەگێڕن و
لووتکەی کارمەل وشك دەبێت.»

## حوکم بەسەردادانی وڵاتانی دەوروبەر

٣ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«دیمەشق یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی
بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی بە جەنجەڕی ئاسن گلعادیان شێلا،
٤ ئاگر دەنێرمە سەرماڵی حەزائێل
قەڵاکانی بەنهەدەد دەخوات.
٥ شەوبەندی دەروازەکانی دیمەشق دەشکێنم،
فەرمانڕەواکە لە دۆڵی ئاڤەن ڕیشەکێش دەکەم،
هەروەها گۆچان بەدەست لە بێتعەدەن.
گەلی ئارام بۆ قیر ڕاپێچ دەکرێن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«غەزە یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی چەند کۆمەڵگایەکی بە تەواوەتی
بە دیل گرت و
بە ئەدۆمی فرۆشت،
٧ ئاگر دەنێرمە سەر شووراکانی غەزە،
قەڵاکانی دەخوات.

٨ فەرمانڕەواکە لە ئەشدۆد ڕیشەکێش دەکەم و
گۆچان بەدەست لە ئەسقەلان.
دەستم دەگەڕێنمەوە سەر عەقرۆن،
پاشماوەی فەلەستییەکان لەناودەچن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

٩ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«سور یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی تەواوی چەند کۆمەڵگایەکی بە
دیلگیراوی فرۆشتە ئەدۆم و
پەیمانی برایەتییان نەهێنایەوە یادیان،
١٠ ئاگر دەنێرمە سەر شووراکانی سور
قەڵاکانی دەخوات.»

١١ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەدۆم یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی بە شمشێرەوە دوای براکەی کەوت،
بەبێ دەربڕینی بەزەیی.
هەروەها چونکە تووڕەییەکەی بەردەوام لە
جۆش بوو،
قینیشی بۆ هەتاهەتایە هەڵدەگرت،
١٢ هەر لەبەر ئەوە ئاگر دەنێرمە سەر تێمان،
قەڵاکانی بۆزرا دەخوات.»

١٣ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«عەمۆن یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی سکپڕەکانی گلعادیان هەڵدڕی،
بۆ ئەوەی سنوورەکانیان بەرفراوان بکەن،
١٤ ئاگر لە شووراکانی ڕەبە بەردەدەم
قەڵاکانی دەخوات،
بە هاتوهاوارەوە لە ڕۆژی جەنگدا،
بە زریانەوە لە ڕۆژی باوباراندا.
١٥ پاشاکەیان ڕاپێچ دەکرێت،
ئەو و هەموو کاربەدەستەکانی بە یەك جار.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٢

یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«مۆئاب یاخی بوو، لە
یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی ئێسکەکانی پاشای ئەدۆمی سووتاند
هەتا ئەوەی بووە گەچ،
٢ هەر لەبەر ئەوە ئاگر دەنێرمە سەر مۆئاب،
قەڵاکانی قەریۆت دەخوات.
مۆئاب لەناو هاژەهاژ دەمرێت،
لەنێو هاتوهاوار و دەنگی کەڕەنا.
٣ فەرمانڕەوا لەناوەڕاستیدا ڕیشەکێش دەکەم و
هەموو کاربەدەستەکانی لەگەڵیدا دەکوژم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٤ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«یەهودا یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
لەبەر ئەوەی چونکە فێرکردنی یەزدانیان
ڕەتکردەوە و
فەرزەکانی ئەویان بەجێنەهێنا،
چونکە درۆکانیان فریوی دان
ئەوەی باوکانیان دوایان کەوتن،
٥ هەر لەبەر ئەوە ئاگر دەنێرمە سەر یەهودا،
قەڵاکانی ئۆرشەلیم دەخوات.»

## حوکم بەسەردادانی ئیسرائیل

٦ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئیسرائیل یاخی بوو، لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە،
سزاکەتان بەسەردا تێناپەڕێنم،
کەسانی ڕاستودروست بە زیو دەفرۆشن،
نەداریش بۆ جووتێك پێڵاو.
٧ سەری هەژاران لەسەر خۆڵی زەوی پێشێل دەکەن،
ڕێگای کلۆڵان خوار دەکەنەوە.
پیاوێك و باوکی بۆ لای یەك کچ دەچن،

تاکو ناوی پیرۆزم بزڕێنن.
٨ لەسەر جلوبەرگێك ڕادەکشێن کە بە بارمتە
وەریانگرتووە
لە پاڵ هەموو قوربانگایەك،
شەرابی بە سەرانە وەرگیراو دەخۆنەوە
لەناو ماڵی خوداوەندیان.

٩ «من بووم کە ئەمورییەکانم لەپێشیان لەناوبرد،
ئەوانەی باڵایان وەك باڵای دار ئورز بوو،
وەك دار بەڕوو بەهێز بوون.
بەروبوومی ئەوانم لە سەرەوە لەناوبرد و
ڕەگوڕیشاڵیان لە ژێرەوە.
١٠ من بووم کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنان،
چل ساڵ لە چۆڵەوانیدا بەڕێم خستن،
بۆ ئەوەی دەست بەسەر خاکی ئەمورییەکاندا
بگرن.

١١ «لەنێو کوڕەکانتان پێغەمبەرانم بۆ دانان و
لەنێو لاوەکانتان ئەوانەی نەزریان لە خۆیان
گرتبوو[a].
ئەی نەوەی ئیسرائیل، ئایا وا نەبوو؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٢ «بەڵام ئێوە شەرابتان دەرخواردی ئەوانە دا کە
نەزریان لە خۆیان گرتبوو
فەرمانتان بە پێغەمبەران کرد پێشبینی نەکەن.

١٣ «ئەوەتا من لە شوێنی خۆتان دەتانچەقێنم
وەك چۆن جەنجەڕ دەچەقێت
لەبەر پڕی گوڵەگەنمەکان.
١٤ ئەوەی خێرایە هەڵنایەت،
بەهێز هێزی خۆی توندوتۆڵ ناکات و
پاڵەوان گیانی خۆی دەرباز ناکات.
١٥ تیرهاوێژ خۆی ڕاناگرێت،
ئەوەی پێیەکانی سووك بێت هەڵنایەت و
ئەسپ سواریش گیانی خۆی دەرباز ناکات.
١٦ ئەوەی بەجەرگە لەنێو پاڵەوانان
لەو ڕۆژەدا بە ڕووتی هەڵدێت.»

ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## بانگکردنی شایەتەکان لە دژی ئیسرائیل

٣ ئەی نەوەی ئیسرائیل، گوێتان لەم فەرمایشتە
بێت کە یەزدان فەرموویەتی، لە دژی ئێوە و
هەموو ئەو خێڵەی لە خاکی میسرەوە دەریهێنان، کە
فەرمووی:

٢ «تەنها ئێوەم ناسی
لە هەموو خێڵەکانی زەوی،
لەبەر ئەوە سزاتان دەدەم،
لەسەر هەموو تاوانەکانتان.»

٣ ئایا دووان پێکەوە هاتوچۆ دەکەن،
بێ ئەوەی ڕێك بکەون؟
٤ ئایا شێر لە دارستان دەنەڕێنێت،
ئەگەر نێچیری نەبێت؟
ئایا بەچکە شێر لە لانەکەیەوە دەنگی دێت،
بێ ئەوەی هیچی ڕفاندبێت؟
٥ ئایا باڵندە دەکەوێتە ناو داوی زەوییەوە،
لە کاتێکدا تەڵەی بۆ نەنرابێتەوە؟
ئایا تەڵە لەسەر زەوی هەڵدەگیرێتەوە،
ئەگەر هیچی نەگرتبێت؟
٦ ئەگەر کەڕەنا لە شاردا لێبدرێت،
ئایا گەل ناترسێت؟
ئەگەر بەڵایەك لە شاردا ڕوو بدات،
ئایا یەزدان نەیکردووە؟

٧ بێگومان یەزدانی باڵادەست هیچ کارێك ناکات
بێ ئەوەی نهێنییەکەی بۆ بەندە
پێغەمبەرەکانی ئاشکرا بکات.

٨ شێر نەڕاندی،
کێ ناترسێت؟
یەزدانی باڵادەست دەفەرموێت،
کێ هەیە بتوانێت پەیامی خودا ڕانەگەیەنێت؟

٩ بە قەڵاکانی ئەشدۆد و خاکی میسر ڕایبگەیەنن و
پێیان بڵێن:

[a] ١١ بڕوانە سەرژمێری ٦:١-٢١.

«لەسەر چیاکانی سامیرە کۆببنەوە،
ئەو هاتوهاوارە زۆرەی ناوەڕاستی ببینن،
ئەو زۆردارییەی لەناویدا هەیە.»

١٠ یەزدان دەفەرموێت: «نازانن کاری باش بکەن،
ئەوانەی بەرهەمی تاڵان و ستەمکاری لە
قەڵاکانیان ئەمبار دەکەن.»

١١ لەبەر ئەوە یەزدانی باڵادەست ئەمە دەفەرموێت:

«دوژمن دێنە چواردەوری خاکەکە و
هێزتان لێ کەم دەکاتەوە و
قەڵاکانتان تاڵان دەکرێن.»

١٢ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«وەك چۆن شوان دوو قاچ یان پارچە گوێیەك
لە دەمی شێر دەردەهێنێت،
ئاواش ئیسرائیلییەکانی دانیشتووی سامیرە
بە گۆشەی قەرەوێڵەیەك و
بە پارچە پێخەفێك دەردەکرێن.»

١٣ «گوێ بگرن و شایەتی لەسەر بنەماڵەی یاقوب
بدەن،» ئەوە فەرمایشتی یەزدانی پەروەردگار،
خودای سوپاسالارە.

١٤ «لەو ڕۆژەی کە سزای ئیسرائیل دەدەم لەسەر
یاخیبوونەکانی،
سزای قوربانگاکانی بێت‌ئێلیش دەدەم،
جا قۆچی قوربانگاکان دەبڕێنەوە و
دەکەونە سەر زەوی.
١٥ کۆشکی زستانە دادەڕمێنم،
هەروەها کۆشکی هاوینەش،
کۆشکە عاجەکانیش لەناودەچن و
هەموو کۆشکەکان کۆتاییان پێدێت.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## نەگەڕانەوەی ئیسرائیل بۆ لای خودا

٤ ئەی مانگاکانی باشان، ئەوانەی لە کێوی
سامیرەن،
ئەی خاتوونەکان، ئەی ئەو ژنانەی ستەم لە هەژاران
دەکەن، نەداران وردوخاش دەکەن و
بە مێردەکانیان دەڵێن، «خواردنەوەمان بۆ
بهێنن!» گوێتان لەم پەیامە بێت:
٢ یەزدانی باڵادەست سوێندی بە پیرۆزی خۆی خوارد،
«بێگومان ڕۆژێك دێت،
خۆتان بە قولاپ دەگیرێن و
دوا کەسیشتان بە قولاپی ماسی.
٣ هەریەکە و لەپێش خۆیەوە
بەناو کەلێنی دیوارێکدا دەبردرێن و
فڕێدەدرێنە هەرمۆن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٤ «وەرن بۆ بێت‌ئێل و یاخی ببن،
لە گلگال یاخیبوون زۆر بکەن.
هەموو بەیانییەك قوربانییەکانتان بهێنن،
هەر سێ ڕۆژ جارێك دەیەکەکانتان.
٥ ئەی نەوەی ئیسرائیل، لە هەویرترشەوە[a] قوربانی
سوپاسگوزاری بسووتێنن،
بانگەواز بۆ بەخشینی ئازاد بکەن و ڕایبگەیەنن،
چونکە واتان پێ خۆش بوو.»
ئەوە فەرموودەی یەزدانی باڵادەستە.

٦ «هەروەها منیش لە هەموو شارۆچکەکانتان سك
بەتاڵی و
لە هەموو شوێنەکانتان کەمی نانم پێدان،
بەڵام ئێوە بۆ لای من نەگەڕانەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٧ «هەروەها بارانم لێ گرتنەوە
هێشتا سێ مانگی مابوو بۆ دروێنە.
بارانم بەسەر شارۆچکەیەکدا باراند و
بەسەر شارۆچکەیەکی دیکەدا نەمباراند.
بەسەر کێڵگەیەکدا باری و
ئەو کێڵگەش کە بەسەریدا نەباری وشك بوو.
٨ خەڵکی دوو سێ شارۆچکە بۆ ئاو خواردنەوە
چوونە شارۆچکەیەکی دیکە،

[a] ٥ هەویرترش: لە جیاتی خومرە بۆ هەوێن بەکارهاتووە.

تینووێتییان نەشکا،
بەڵام ئێوە بۆ لای من نەگەڕانەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٩ «زۆر جار باخ و ڕەزەمێوی ئێوەم
هەڵپڕووکاندووە،
بە بای گەرمەسێر و کەڕوو.
کوللە دار هەنجیر و دار زەیتوونیان خواردووە،
بەڵام ئێوە بۆ لای من نەگەڕاونەتەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٠ «دەردم ناردە سەر ئێوە،
وەك ئەوەی ناردبوومە سەر میسر.
بە شمشێر لاوەکانی ئێوەم کوشت،
لەگەڵ ئەسپە ڕاپێچکراوەکان،
وام کرد بۆنی بۆگەنی تەرمەکانی ناو
ئۆردوگاکەتان بکەن،
بەڵام ئێوە بۆ لای من نەگەڕانەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١١ «هەندێکتانم هەڵگەڕاندەوە،
وەك چۆن سەدۆم و عەمۆرام هەڵگەڕاندەوە،
وەك پارچە دارێکی گڕگرتووتان لێهات کە لەناو
ئاگرەوە دەرهێنرابێت،
بەڵام ئێوە بۆ لای من نەگەڕانەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١٢ «ئەی ئیسرائیل، ئاوات پێ دەکەم،
ئەی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی ئەمەت پێ دەکەم،
ئامادەبە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خوداکەت.»

١٣ شێوەدارێژی چیاکان و
بەدیهێنەری با،
ئەوەی بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت بیرکردنەوەی
چییە،
ئەوەی بەرەبەیان دەکاتە تاریکی،
بەسەر بەرزاییەکانی زەویدا دەڕوات،
ناوی یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالارە.

## لاوانەوە و بانگەوازی تۆبەکردن

٥ ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ لەم پەیامە بگرن، ئەم لاوانەوەیە کە من بەسەر ئێوەیدا هەڵدەدەم:

٢ «ئیسرائیلی پاکیزە کەوت،
جارێکی دیکە هەڵناستێتەوە،
فڕێدرایە سەر خاکەکەی،
کوا ئەوەی هەڵیدەستێنێتەوە؟»

٣ سەبارەت بەمەش یەزدانی باڵادەست بەم جۆرە دەفەرموێت:

«ئەو شارەی لە ماڵی ئیسرائیل هەزار سەرباز
دەنێرێت،
سەد سەربازی بۆ دەمێنێتەوە،
ئەو شارۆچکەیەی سەد سەرباز دەنێرێت،
دە سەربازی بۆ دەمێنێتەوە.»

٤ لەبەر ئەوە یەزدان ئاوا بە بنەماڵەی ئیسرائیل دەفەرموێت:

«بەدوای مندا بگەڕێن و بژین،
٥ بەدوای بێت‌ئێلدا مەگەڕێن و
مەچن بۆ گلگال و
بۆ بیری شابەع مەپەڕنەوە،
چونکە گلگال بە دیل گیراوی ڕاپێچ دەکرێت و
بێت‌ئێل دەبێتە نەبوو[a].»
٦ ڕوو لە یەزدان بکەن و بژین،
ئەگینا وەك ئاگر پڕدەداتە بنەماڵەی یوسف،
ئاگرەکەش دانیشتووانی بێت‌ئێل دەخوات و
کەس ناتوانێت بیکوژێنێتەوە.

٧ ئەی ئەوانەی دادپەروەریتان کردە زەقنەبووت،
ڕاستودروستیش بە زەویدا دەدەن!

٨ ئەوەی کەلووەکانی حەوتەوانە و ڕاوچی
دروستکردووە،

---

[a] ٥ نەبوو: عیبری ئاڤن، واتە بێت‌ئاڤن، کە ناوێکی سووکە بۆ بێت‌ئێل.

سێبەری مەرگ بۆ بەیان دەگۆڕێت و
ڕۆژ وەك شەو تاریك دەكات،
ئاوی دەریا بانگ دەكات و
بەسەر ڕووی زەویدا دەیڕێژێت،
ناوی یەزدانە،
٩ ئەوەی وێرانی بەسەر قەڵادا دەبارێنێت و
وێرانی بەسەر شاری قەڵابەندا دێت.

١٠ ئەوان لە دادگا ڕقیان لە سەرزەنشتكار دەبێتەوە و
قێزیان لە كەسی ڕاستگۆ دەبێتەوە.
١١ لەبەر ئەوەی ئێوە هەژار پێشێل دەكەن و
بەشە گەنمی لێ دەستێنن،
ئەوا ئەو كۆشكەی كە لە بەردی داتاشراو بنیاد
نراوە،
تێیاندا دانانیشن،
ئەو ڕەزەمێوە بەردارەی چاندووتانە،
لە شەرابەكەی ناخۆنەوە.
١٢ چونكە دەزانم یاخیبوونەكانتان زۆرن،
گوناهەكانتان گەورەن.

ستەمكارانی ڕاستودروست و بەرتیلخۆران،
مافی هەژاران لە دادگادا دادەماڵن.
١٣ لەبەر ئەوە لەو كاتەدا كەسی وریا بێدەنگ
دەبێت،
چونكە كاتێكی خراپە.

١٤ دوای چاكە بكەون نەك خراپە،
بۆ ئەوەی بژین،
جا وادەبێت، یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار
لەگەڵتاندا دەبێت،
وەك خۆتان گوتتان.
١٥ ڕقتان لە خراپە بێتەوە و حەزتان لە چاكە بێت،
دادپەروەری لە دادگادا بچەسپێنن،
ڕەنگە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار
لەگەڵ پاشماوەی یوسف میهرەبان بێت.

١٦ لەبەر ئەوە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار، پەروەردگار ئەمە دەفەرموێت:

«لە هەموو گۆڕەپانەكاندا شیوەن دەگێڕن و
لە هەموو شەقامەكاندا دەڵێن: ”ئای! ئای!“
جوتیارەكان بۆ گریان بانگ دەكەن و
ئەوانەی وەستای لاوانەوەشن بۆ شیوەن گێڕان.
١٧ لە هەموو ڕەزەمێوەكاندا شیوەن دەبێت،
چونكە بەناوەڕاستتدا تێدەپەڕم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

## ڕۆژی یەزدان

١٨ قوڕبەسەر ئەوانەی تامەزرۆی
ڕۆژی یەزدانن![a]
بۆچی تامەزرۆی ڕۆژی یەزدانن؟
ئەو ڕۆژە تاریكییە نەك ڕووناكی.
١٩ وەك پیاوێك لەبەردەم شێر هەڵبێت و
تووشی ورچێك بێت،
یان بێتەماڵەوە و دەستی لەسەر دیوارەكە دابنێت و
مار پێوەی بدات.
٢٠ ئایا ڕۆژی یەزدان تاریك و بێ ڕووناكی نابێت؟
ئایا ئەنگوستەچاو و بێ تروسكایی نابێت؟

٢١ «ڕقم لە جەژنەكانتان دەبێتەوە و ڕەتیان
دەكەمەوە،
چێژ لە كۆڕەكانتان نابینم.
٢٢ چونكە ئەگەر قوربانی سووتاندنەكان و
پێشكەشكراوەكانی دانەوێڵەتان پێشكەش بكەن
ڕازی نابم،
ئاوڕ لە قوربانی هاوبەشی[b] نادەمەوە، لە
دابەستەكانتان.
٢٣ ژاوەژاوی گۆرانییەكانتانم لێ دووربخەنەوە!
گوێ لە ئاوازی سازەكانتان ناگرم.
٢٤ لەبری ئەوە با دادپەروەری وەك زێ بڕوات و

---

[a] ١٨ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگاركردنی گەلی خودا.
[b] ٢٢ قوربانی هاوبەشی: ئەم قوربانییە هاودەمی قوربانی سووتاندن بوو. تەنها یەك كەس هەڵدەستا بە دابینكردنی ئەم قوربانییە، بەڵام لەگەڵ خەڵكی دیكە بەشی زۆری ئەم قوربانییەیان لەبەردەم خودا دەخوارد وەك هێمایەك بۆ پێكەوە ژیان. بڕوانە لێڤییەكان ١١:٧-١٥.

ڕاستودروستیش وەك ڕووبارێکی هەمیشەیی.
٢٥ «ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئایا بۆ ماوەی چل ساڵ
لە چۆڵەوانی
قوربانی سەربڕاو و پێشکەشکراوتان بۆ هێنام؟
٢٦ بەڵکو نزرگەی پاشای خۆتان،
بنکەی بتەکانتان هەڵگرت،
پەیکەرەکانتان بۆ کەیوان[a]، ئەستێرەی
خوداوەندەکەتان،
کە بۆ خۆتان دروستتان کرد.»
٢٧ لەبەر ئەوە یەزدان کە ناوی خودای سوپاسالارە،
دەفەرموێت:
«من بۆ شوێنێك ڕاپێچتان دەکەم کە لە
دیمەشق دوورترە.»

## قوڕبەسەر لەخۆڕازییەکان

٦ ئەی لەخۆڕازییەکانی سییۆن،
ئەی ئەوانەی کە بە ئاسوودەیی لەسەر
کێوی سامیرە دەژین،
ئەی پیاوماقوڵانی پێشەنگی گەلان
کە بنەماڵەی ئیسرائیل دێنە لاتان، قوڕبەسەرتان!
٢ بۆ کەلنێ بپەڕنەوە و تەماشا بکەن،
لەوێوە بڕۆنە حەماتی گەورە و
پاشان بۆ گەتی فەلەستییەکان دابەزن.
ئایا دۆخی ئێوە لەم شانشینانە باشترە؟
یان ئایا سنوورەکانیان لە سنوورەکانتان فراوانترە؟
٣ ئێوە ڕۆژی بەڵا بە دوور دەزانن و
تەختی ستەم نزیك دەخەنەوە،
٤ لەسەر قەرەوێڵەی عاج ڕادەکشێن و
لەسەر نوێنەکانتان پاڵدەکەون.
ئێوە بەرخی ناو ڕان و
جوانەگای قەڵەو دەخۆن.
٥ لەگەڵ دەنگی ساز دەنگەدەنگتانە
وەك داود ئامێری مۆسیقا بۆ خۆتان دادەهێنن.

٦ بە قەڕابە شەراب دەخۆنەوە و
بە باشترین زەیت خۆتان چەور دەکەن،
بەڵام بۆ وێرانی نەوەی یوسف خەفەت ناخۆن.
٧ لەبەر ئەوە ئێستا لە یەکەمی ڕاپێچکراوان دەبن و
چوونە داوەت و تەوەزەلیتان کۆتایی دێت.

## قێزی یەزدان لە شانازی ئیسرائیل

٨ یەزدانی باڵادەست سوێندی بە گیانی خۆی
خواردووە، یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار
دەفەرموێت:

«من قێزم لە شانازی یاقوب دەبێتەوە و
ڕقم لە قەڵاکانییەتی،
ئینجا شار و هەموو ئەوەی تێیدایە
بەدەستەوەی دەدەم.»

٩ وای لێدێت، ئەگەر دە کەس لە خانووێکدا
بمێننەوە ئەوانیش دەمرن. ١٠ ئەگەر خزمێك هات بۆ
دەرهێنانی تەرم لە خانووێك تاوەکو بیسووتێنێت، لە
کەسێکی ناو خانووەکە بپرسێت، «ئایا کەسی دیکەت
لەگەڵ ماوە؟» وەڵامی دەداتەوە «کەس نەماوە،»
دەڵێت: «وسبە، چونکە نابێت ناوی یەزدان بهێنین.»

١١ چونکە یەزدان فەرمان دەدات،
لە ماڵی گەورە دەدات و وردوخاشی دەکات،
ماڵی بچووکیش پارچەپارچە دەکات.

١٢ ئایا ئەسپ لەسەر بەردەڵان ڕادەکات؟
یان کەس لەوێ بە گا کێڵان دەکات؟
بەڵام ئێوە دادپەروەریتان ژەهراوی کرد و
بەری ڕاستودروستیشتان کردە زەقنەبووت.
١٣ ئێوە بە لۆدەڤار دڵخۆشن،
دەڵێن: «ئایا بە توانای خۆمان قەرنایمان
وەرنەگرت؟»

١٤ چونکە یەزدانی پەروەردگاری سوپاسالار
دەفەرموێت:
«ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئەوەتا نەتەوەیەکتان
لێ ڕاست دەکەمەوە،

[a] ٢٦ کەیوان ناوی هەسارەیەکە و خوداوەندی ئاشورییەکان بووە.

له دەروازەی حەماتەوە هەتا شیوی عەراڤا
تەنگتان پێهەڵچنن.»

## شێوەی کولله و ئاگر و شاوولێك

٧ یەزدانی باڵادەست ئاوای پیشان دام، لە سەرەتای سەرهەڵدانی گژوگیا شێوەی کوللەی دەکێشا، گژوگیاکە پاش دروێنەی بەشەکەی پاشایە. [٢]پاش ئەوەی لە خواردنی گژوگیای خاکەکە بووەوە، گوتم: «ئەی یەزدانی باڵادەست، تکایە ببەخشە! یاقوب چۆن هەستێتەوە، چونکە بچووکە!»

[٣]یەزدان لەمە پاشگەز بووەوە و فەرمووی: «ئەمە ڕوونادات.»

[٤]یەزدانی باڵادەست ئاوای پیشان دام: ئەوەتا یەزدانی باڵادەست بۆ دادگاییکردن بە ئاگر بانگەشەی کرد، ئاگرەکە دەریا گەورەکەی ژێر زەوی[a] لووشدا، خاکەکەشی خوارد. [٥]ئینجا گوتم: «یەزدانی باڵادەست، تکایە با بەس بێت! یاقوب چۆن هەستێتەوە، چونکە بچووکە!»

[٦]یەزدان لەمە پاشگەز بووەوە.

یەزدانی باڵادەست فەرمووی: «هەروەها ئەمەش ڕوونادات.»

[٧]ئاوای پیشان دام: پەروەردگار لەسەر دیوارێکی دروستکراو ڕاوەستاوە و شاوولێکی لەدەست بوو. [٨]یەزدان پێی فەرمووم: «ئامۆس تۆ چی دەبینیت؟»

منیش گوتم: «شاووڵ.»

ئینجا پەروەردگار فەرمووی: «ئەوەتا من شاوولێك لەناوەڕاستی ئیسرائیلی گەلمدا دادەنێم، پاش ئەمە چیتر دەستی لێ ناپارێزم!

[٩]«نزرگەکانی ئیسحاق لەسەر بەرزاییەکان چۆڵ دەبن و
پیرۆزگاکانی ئیسرائیل وێران دەبن،
بە شمشێرەوە هەڵدەکوتمە سەر ماڵی یارۆڤعام.»

## ئامۆس و ئەمەسیا

[١٠]جا ئەمەسیای کاهینی بێتئێل پەیامی بۆ یارۆڤعامی پاشای ئیسرائیل نارد و گوتی: «ئامۆس لەناوەڕاستی ماڵی ئیسرائیلدا پیلانی لە دژت گێڕاوە، خاکەکە ناتوانێت بەرگەی هەموو قسەکانی بگرێت.» [١١]چونکە ئامۆس وای گوتووە:

«”یارۆڤعام بە شمشێر دەکوژرێت،
ئیسرائیل لە خاکەکەی خۆی
بێگومان ڕاپێچ دەکرێت.“»

[١٢]ئینجا ئەمەسیا بە ئامۆسی گوت: «ئەی پێشبینیکەر، بڕۆ ڕابکە بۆ خاکی یەهودا، لەوێ نان بخۆ و لەوێ پێشبینی بکە. [١٣]بەڵام چیتر لە بێتئێل پێشبینی مەکە، چونکە پیرۆزگای پاشایە و پەرستگای پاشایەتییە.»

[١٤]ئامۆسیش وەڵامی دایەوە و بە ئەمەسیای گوت: «من پێغەمبەر نەبووم و کوڕی پێغەمبەریش نیم، بەڵکو من گاوانم و باخەوانی دار هەنجیری کێویم. [١٥]بەڵام یەزدان لەسەر مێگەلەکەوە هەڵیگرتم، یەزدان پێی فەرمووم: ”بڕۆ پێشبینی بۆ ئیسرائیلی گەلی من بکە.“ [١٦]ئێستاش گوێ لە فەرمایشتی یەزدان بگرە، تۆ دەڵێیت:

«”پێشبینی لەسەر ئیسرائیل مەکە،
لێدووان لە دژی بنەماڵەی ئیسحاق مەدە.“

[١٧]«لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«”ژنەکەت لە شاردا لەشفرۆشی دەکات،
کوڕ و کچەکانت بە شمشێر دەکوژرێن،
زەوییەکەت بە گوریس دابەش دەکرێت،
خۆشت لەسەر خاکێکی گڵاودا دەمریت،
ئیسرائیلیش لە خاکەکەی خۆی
بە دیلی ڕاپێچ دەکرێت.“»

## سەبەتەیەك میوەی گەییو

٨ یەزدانی باڵادەست ئاوای پیشان دام، سەبەتەیەك میوەی گەییو. [٢]جا فەرمووی: «ئەی ئامۆس، چی دەبینیت؟»

[a] ٤ بەپێی بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کۆن (دەریای ژێر زەوی) هەبوو کە سەرچاوەی کانیاو و ڕووبارەکان بوو.

منیش گوتم: «سەبەتەیەك میوەی گەییو.»
ئینجا یەزدان پێی فەرمووم: «ئیسرائیلی گەلی من
گەیشتە کۆتایی. پاش ئەمە چیتر دەستی لێ ناپارێزم!
٣«لەو ڕۆژەدا گۆرانییەکانی پەرستگا دەبن بە ناڵین،
تەرمەکان زۆرن و لە هەموو شوێنێکدا فڕێدراون،
سەراپا کپە!» ئەوە فەرمایشتی یەزدانی باڵادەستە.

٤ئەی ئەوانەی هەناسەبڕکێتانە بەدوای نەدارانەوە،
هەتا کۆتایی بە هەژارانی زەوی بهێنن،
گوێتان لەمە بێت:

٥ئێوە دەڵێن،

«کەی جەژنی سەرەمانگ بەسەردەچێت
تاکو ئێمە دانەوێڵە بفرۆشین،
کەی ڕۆژی شەممە تەواو دەبێت،
تاکو گەنم بخەینە بازاڕەوە؟»
بۆ ئەوەی پێوانە کەم بکەنەوە و
نرخ زیاد بکەن و
فێڵ لە تەرازوو بکەن،
٦بۆ ئەوەی هەژاران بە زیو بکڕن و
نەداران بە جووتێك پێڵاو و
بن بێژنگی گەنم بفرۆشن.

٧یەزدان سوێندی بە شانازی یاقوب خوارد:
«هەتاهەتایە کردەوەکانیان لەیاد ناکەم.»

٨«ئایا لەبەر ئەمە زەوی نالەرزێت و
هەموو دانیشتووانەکەی شیوەن ناگێڕن؟
هەموو خاکەکە وەك ڕووباری نیل هەڵدەکشێت،
وەك ڕووباری میسر هەڵدەکشێت و
دادەکشێتەوە.»

٩یەزدانی باڵادەست دەفەرمووێت:

«جا لە نیوەڕۆدا ئەو ڕۆژەدا خۆر ئاوا دەکەم و
لە ڕۆژی ڕووناکدا زەوی تاریك دەکەم.
١٠جەژنەکانتان دەگۆڕم بە شیوەن و
هەموو گۆرانییەکانتان بە لاوانەوە.
جلوبەرگی گوش[a] دەکەمە بەر هەمووتان و
قژ بەسەرتانەوە ناهێڵم.
دەیکەم بە شیوەنی تاقانە و
کۆتاییەکەشی وەك ڕۆژێکی تاڵ.»

١١یەزدانی باڵادەست دەفەرمووێت: «سەردەمێك
دێت،
قاتوقڕی دەنێرمە سەر خاکەکە،
نەك قاتوقڕی بۆ نان و تینوێتی بۆ ئاو،
بەڵکو بۆ گوێگرتن لە وشەکانی یەزدان.
١٢جا لە دەریایەکەوە بۆ دەریایەك و
لە باکوورەوە بۆ ڕۆژهەڵات وێڵ دەبن،
بەدوای پەیامی یەزداندا دەگەڕێن،
بەڵام نایدۆزنەوە.
١٣لەو ڕۆژەدا پاکیزە جوانەکان و کوڕە لاوەکان
لە تینوێتیدا دەبوورێنەوە.
١٤ئەوانەی سوێند بە تاوانی سامیرە دەخۆن و
دەڵێن: ”ئەی دان، بە خوداوەندەکەت کە
زیندووە...“ و
”بەو ڕێگایەی بیری شابەع کە زیندووە...“
جا دەکەون و
ئیتر هەڵناستنەوە.»

## ڕووخاندنی ئیسرائیل

٩ پەروەردگارم بینی لەلای قوربانگاکەوە
ڕاوەستابوو و فەرمووی:

«لە سەری کۆڵەکەکان بدە
هەتا بەردەرگاکان بلەرنەوە،
بیانشکێنە بەسەر سەری هەموویاندا و
ئەوانەی لێیان ماونەتەوە بە شمشێر دەیانکوژم.
کەسیان لێ هەڵنایەت و
کەسیشیان لێ دەرباز نابێت.
٢ئەگەر بەرەو جیهانی مردووان هەڵبکۆڵن،
لەوێوە دەستم دەیانگرێت؛

---

[a] ١٠ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

ئەگەر بۆ ئاسمانیش سەربکەون،
لەوێوە دایاندەگرمە خوارەوە؛
٣ ئەگەر لە لووتکەی کارمەل خۆیان بشارنەوە،
لەوێ بە شوێنیاندا دەگەڕێم و دەیانگرم؛
ئەگەر لە بنی دەریا خۆیان لەبەرچاوم بشارنەوە،
لەوێ فەرمان بە مار دەدەم و پێیانەوە دەدات.
٤ ئەگەر لەپێش دوژمنەکانیانەوە ڕاپێچ کران،
لەوێ فەرمان بە شمشێر دەدەم و دەیانکوژێت.

«چاوەکانم دەبڕمە سەریان
بۆ خراپە نەك بۆ چاکە.»

٥ یەزدانیش، پەروەردگاری سوپاسالار،
ئەوەی دەست لە زەوی دەدات، زەوی
دەتوێتەوە و
هەموو دانیشتووانەکەی شیوەن دەگێڕن،
هەموو خاکەکە وەك ڕووباری نیل هەڵدەکشێت،
وەك ڕووباری میسر دادەکشێت.
٦ ئەوەی لە ئاسمان کۆشکی خۆی بنیاد دەنێت و
لە زەویش بناغەی خۆی دادەمەزرێنێت،
ئەوەی بانگی ئاوی دەریا دەکات و
بەسەر ڕووی زەویدا دەیڕژێنێت،
ناوی یەزدانە.

٧ «ئەی نەوەی ئیسرائیل،
ئایا ئێوە بۆ من وەك نەوەی کوشییەکان[a] نین؟»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
«ئایا ئیسرائیلم لە خاکی میسرەوە نەهێنایە
دەرەوە و
فەلەستییەکان لە کریتەوە و
ئارامییەکان لە قیرەوە؟

٨ «بە دڵنیاییەوە چاوەکانی یەزدانی باڵادەست
لەسەر پاشایەتییە گوناهبارەکەن.
لەناوی دەبەم لەسەر ڕووی زەوی،
بەڵام بنەماڵەی یاقوب بە تەواوی لەناو نابەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

٩ «چونکە من فەرمان دەدەم و
لەنێو هەموو نەتەوەکان بنەماڵەی ئیسرائیل لە
بێژنگ دەدەم،
وەك چۆن بە بێژنگ لە بێژنگ دەدرێت
بێ ئەوەی دەنکێك بکەوێتە سەر زەوی.
١٠ هەموو گوناهبارانی گەلەکەم
بە شمشێر دەکوژرێن،
هەموو ئەوانەی دەڵێن:
"بەڵا نزیك نابێتەوە و نایەتە ناومان."

## بنیادنانەوەی ئیسرائیل

١١ «لەو ڕۆژەدا چادرە ڕووخاوەکەی داود
هەڵدەدەمەوە.
شوورابەندە شکێنراوەکانی بنیاد دەنێمەوە،
ڕووخاوییەکانی دروستدەکەمەوە،
وەك ڕۆژانی ڕابردوو بنیادی دەنێمەوە،
١٢ تاکو ئەوەی دەبنە خاوەنی پاشماوەی نەتەوەی
ئەدۆم و
هەموو ئەو نەتەوانەی ناوی منیان هەڵگرتووە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی ئەم کردارانە
ئەنجام دەدات.

١٣ یەزدان دەفەرموێت:

«سەردەمێك دێت جوتیار بە سەپان دەگاتەوە و
شێلەری ترێش بە چێنەری تۆو.
چیاکان خۆشاوی ترێیان لێ دەتکێت و
هەموو گردەکانیش لێیان دەچۆڕێتەوە.
١٤ ڕاپێچکراوانی ئیسرائیلی گەلەکەم دەگەڕێنمەوە.

«شارە کاولکراوەکان بنیاد دەنێنەوە و تێیدا
نیشتەجێ دەبن.
ڕەزەمێو دەچێنن و شەرابەکەی دەخۆنەوە،
باخ دەچێنن و لە بەرەکەی دەخۆن.
١٥ لە خاکەکەیاندا دەیانچێنم،
هەرگیز لەو خاکەکەی کە پێم داون هەڵناکەنرێن.»
یەزدانی پەروەردگارت دەفەرموێت.

[a] ٧ کووش وڵاتێك بووە لە سەرووی ڕووباری نیل.

# عۆبەدیا

**کورتە باسێك**

**هەروەك ئەوەی کردت ئاوات پێ دەکرێتەوە، کردەوەکانت بەسەر خۆت دێتەوە.**

لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین خودا بە سروش پێشبینی وێرانبوونی ئەدۆمی بە عۆبەدیا ڕاگەیاند. ئەدۆمییەکان کە ڕەچەڵەکی عیسۆن، لە ساڵی ٨٥٦ پ. ز. پیلانیان بۆ وێرانکردنی ئۆرشەلیم گێڕا. لە ڕاستیدا ئەوان ئامۆزای ئیسرائیلییەکانی ڕەچەڵەکی یاقوبی برای عیسۆن. لەگەڵ ئەوەش ئەدۆمییەکان ڕەفتاری زۆر خراپیان بەرامبەر بە ئامۆزاکانیان کرد، خوداش لەسەر ئەوە سزای دان، لەبری ئەوەی بە پەلە بە هانای ئیسرائیلەوە بێن، چوونە پاڵ دوژمنەکانیان و ماڵەکانی ئۆرشەلیمیان تاڵان کرد.

عۆبەدیا لەو پەیامەیدا تووڕەیی خودا دەردەخات لەسەر ناپاکی و ستەمی ئەدۆمییەکان، خودا بێزی لە گوناه دەبێتەوە و ناکرێ بێدەنگ بێت کاتێك دەبینێ برایەك دەستدرێژی دەکاتە سەر براکەی، یان کاتێك براکەی تووشی مەترسی دەبێت و بە هانایەوە ناچێت. خودا ئەدۆمی سزا دا و بە هەمان شێوەی ئۆرشەلیم وێرانی کرد، ئەوە جێبەجێکردنی دادوەری خودا بوو.

## بینینەکەی عۆبەدیا

١ بینینەکەی عۆبەدیا.

یەزدانی باڵادەست سەبارەت بە ئەدۆم ئەمە دەفەرموێت،

هەواڵێکمان لەلایەن یەزدانەوە بیست،
نێردراوێك بۆ نەتەوەکان نێردراوە تاکو پێیان بڵێت:
«هەستن! هەستن بۆ جەنگ.»

٢ «ئێستا لەنێو گەلاندا بچووکت دەکەمەوە،
تۆ زۆر ڕیسوا دەبیت.
٣ فیزی دڵت هەڵیخەڵەتاندی،
ئەی نیشتەجێی نێو کەلێنی تاشەبەرد[a]،
ئەوەی نشینگەکەت لە بەرزاییدایە،
ئەوەی لە دڵی خۆتدا دەڵێیت:
”کێ دامدەگرێتە سەر زەوی؟“
٤ ئەگەر وەك هەڵۆ بەرز بیتەوە و
ئەگەر هێلانەت لەناو ئەستێرەکان دابنێیت،
لەوێوە دەتهێنمە خوارەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٥ «ئەگەر دز یان چەتەی شەوانت بۆ بێت،
ئایا تەنها ئەوەی پێویستیان بێت نایدزن؟
ئەگەر ڕەزبڕت[b] بۆ بێت
ئایا هەندێك ترێ بەجێناهێڵن؟
ئای چۆن بە تەواوی بڕایتەوە!
٦ ئای عیسۆ چۆن دەپشکێنرێت!
گەنجینە شاردراوەکانی تاڵان دەکرێن!
٧ هەموو هاوپەیمانەکانت هەتا سنوور ڕاویان نای،
هەڵیانخەڵەتاندی و بەسەرتدا زاڵبوون،
ئەوانەی نمەکی تۆیان کردبوو داوت بۆ دەنێنەوە،
بەڵام تۆ تێناگەیت.»

٨ یەزدان دەفەرموێت:
«ئایا لەو ڕۆژەدا،
دانایان لە ئەدۆم لەناو نابەم،
تێگەیشتووانیش لە چیای عیسۆ؟
٩ ئەی تێمان، پاڵەوانەکانت دەتۆقن،
هەموو ئەوانەی لە چیای عیسۆن
بە کوشتن لەناودەچن.

[a] ٣:١ پایتەختی ئەدۆم ناوی سەلەع بوو، کە هەمان وشەی عیبرییە بۆ تاشەبەرد.

[b] ٥:١ ڕەزبڕ: ئەوەی بەرهەمی ڕەزی دەبڕێتەوە.

١٠ لەبەر ستەمی تۆ لە یاقوبی برات،
ڕیسوایی داتدەپۆشێت،
بۆ هەتاهەتایە لەناودەچیت.
١١ ئەو ڕۆژەی تەماشات دەکرد
کاتێك بیانییەکان سامانەکەیان داگیر کرد و
نامۆکان هاتنە ناو دەروازەکانی و
لەسەر ئۆرشەلیم تیروپشکیان کرد،
هەروەها تۆش وەك یەکێك بووی لەوان.
١٢ بەڵام نابێت بە ڕۆژی کارەساتی براکەت دڵخۆش
بیت،
یان لە ڕۆژی لەناوچوونی نەوەی یەهودا
شادمان بیت،
یان لە ڕۆژی تەنگانەیاندا شانازی بکەیت.
١٣ نابێت بچیتە ناو دەروازەی گەلەکەم
لە ڕۆژی کارەساتیان،
یان بە ناخۆشییەکەیان دڵخۆش بیت
لە ڕۆژی کارەساتیان،
یان دەستت بۆ سامانەکەیان درێژ بکەیت
لە ڕۆژی کارەساتیان.
١٤ نابێت لەسەر دووڕیانەکان بوەستیت
بۆ کوشتنی دەربازبووەکانیان،
نابێت هەڵاتووەکانیان ڕادەست بکەیت
لە ڕۆژی تەنگانەیاندا.

١٥ «ڕۆژی یەزدان[a] بۆ هەموو گەلان نزیکە.
هەروەك ئەوەی کردت ئاوات پێ دەکرێتەوە،
کردەوەکانت بەسەر خۆت دێتەوە.
١٦ هەروەك لەسەر کێوی پیرۆزم خواردتانەوە،
هەموو گەلان بەردەوام جامی سزا دەخۆنەوە؛
دەخۆنەوە و دەخۆنەوە و
وەك ئەوەیان لێدێت کە هەرگیز نەبووبن.
١٧ بەڵام دەربازبوون لەسەر کێوی سییۆن دەبێت،
پیرۆز دەبێت،
بنەماڵەی یاقوبیش بەشە میراتی خۆیان
وەردەگرن.
١٨ بنەماڵەی یاقوب دەبێتە ئاگر و
بنەماڵەی یوسف دەبێتە گڕ؛
بنەماڵەی عیسۆش دەبێتە پووش،
جا گڕیان تێبەردەدەن و دەیانخۆن.
بنەماڵەی عیسۆ کەسیان لێ دەرباز نابێت.»
ئەمە فەرمایشتی یەزدانە.

١٩ خەڵکی نەقەب
چیای عیسۆ داگیر دەکەن،
خەڵکی زوورگەکانیش
خاکی فەلەستییەکان.
دەبنە خاوەنی کێڵگەکانی ئەفرایم و سامیرە،
بنیامینیش دەبێتە خاوەنی گلعاد.
٢٠ ئەو کۆمەڵەی ڕاپێچکراوانی ئیسرائیل کە لە
کەنعانن
هەتا سەرەفەند دەست بەسەر خاکەکەدا
دەگرن؛
ڕاپێچکراوانی ئۆرشەلیمیش کە لە سفارەدن
دەست بەسەر شارۆچکەکانی نەقەبدا دەگرن.
٢١ ڕزگارکەرانی خاکەکەش سەردەکەونە سەر کێوی
سییۆن
بۆ فەرمانڕەوایەتی لەسەر چیای عیسۆ.
پاشایەتیش بۆ یەزدان دەبێت.

[a] ١٥:١ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگارکردنی گەلی خودا.

# یونس

## کورتە باسێك

**ڕزگاری لە یەزدانەوەیە، ئەو یەزدانەی بەدیهێنەرە و خودای هەموو نەتەوەکانە.**

ئەم پەڕتووکە بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز نووسراوەتەوە. لە نزیکەی سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین پێغەمبەر یونس لە ئیسرائیل لەدایکبوو، خودا بانگی کرد بۆ ئەوەی پەیامی تۆبەکردن بگەیەنێتە شانشینی ئاشور کە پایەتەختەکەی لە شاری نەینەوا بوو کە دەکاتە موسڵی ئێستا، ئەو شانشینەی کە لە ساڵی ٧٢٢ پ. ز. شاری ئۆرشەلیمی وێران کرد. کاتێك یونس ئەو پەیامەی پێگەیشت بەهۆی هەستی نەتەوایەتییەوە ڕەتی کردەوە کە پەیامی ڕزگاربوون بگەیەنێتە نەتەوەیەکی بتپەرست، ویستی بە کەشتییەك لە خودا دووربکەوێتەوە، بەڵام لەدوای زنجیرەیەك ڕووداو کەوتە قووڵایی دەریا و یەزدانیش ماسییەکی ئامادە کرد کە زۆر گەورە بوو بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، دواتر ماسییەکە لەسەر کەناری دەریا فڕێیدا. لە کۆتاییدا یونس گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوو و چوو بۆ نەینەوا بۆ ئەوەی پەیامی ڕزگاربوون بە خەڵکەکەی ڕابگەیەنێت. سەرکەوتنەکەی و قبوڵکردنی خەڵك بۆ تۆبەکردن ڕقی هەستاند، خودا بە نموونەی ڕووەکێك وانەیەکی پێیدا. لە پەیمانی نوێ ئاماژە بۆ چیرۆکی یونس و ئەزموونەکەی لەناو سکی ماسییەکەدا کراوە (مەتا ١٢‏:٣٨-٤١) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەسپەردەکردنی مەسیح بەکارهاتووە.

پوختەی بابەتی ئەم پەڕتووکە لە (٤‏:١١) دەبینین کاتێك خودا خۆشویستنی خۆی بۆ هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەردەبڕێت، جا لە نەوەی ئیسرائیل بێت یان لە نەتەوەکانی دیکە. لە تواناى یونسدا نەبوو گەلی ئاشوری خۆشبوێ، خوداش جگە لە چاکە هیچی دیکەی بۆیان نەدەویست، لەبەر ئەوە خودا پێغەمبەرێکی بۆیان نارد و داوای تۆبەی لێکردن بۆ ئەوەی بژین. بە هەمان شێوە لەم پەڕتووکەدا دەردەکەوێت کە هێزی خودا و تواناکەی لە سەرووی هەموو هێزێکە.

### هەڵاتنی یونس لە ئەرکەکەی

١ فەرمایشتی یەزدان بۆ یونسی کوڕی ئەمیتەی[a]
هات، پێی فەرموو: ٢«هەستە بڕۆ بۆ شاری
مەزنی نەینەوا و تێیدا بانگەواز بکە، چونکە
خراپەکانیان بەرز بووەتەوە بۆ بەردەمم.»
٣یونسیش بۆ ئەوەی لە یەزدان هەڵبێت دەستی بە
گەشتێك کرد بۆ تەرشیش. سەرەتا چوو بۆ بەندەری
یافا و کەشتییەکی دۆزییەوە کە دەچووە تەرشیش،
کرێیەکەی دا و سوار بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێتە
تەرشیش و خۆی لە ڕووی یەزدان بدزێتەوە.
٤یەزدانیش بایەکی مەزنی بۆ سەر دەریاکە نارد و
ڕەشەبایەکی مەزن لە دەریاکە هەڵیکرد، خەریك بوو
کەشتییەکە پارچەپارچە بێت. ٥کەشتیوانەکان ترسان،
هەریەکەیان هاواری بۆ خوداوەندەکەی خۆی کرد،
ئەو شتانەی کە لەناو کەشتییەکەدا بوون فڕێیان دایە
ناو دەریاکە، بۆ ئەوەی باری خۆیان سووك بکەن.
کەچی یونس چوو بووە نهۆمی خوارەوەی
کەشتییەکە و پاڵکەوتبوو، لە خەوێکی قووڵدا
بوو. ٦سەرۆکی سەوڵ لێدەرەکان چووە لای و پێی
گوت: «ئەوە بۆچی نوستوویت؟ هەستە هاوار بکە
بۆ خوداوەندەکەت، بەڵکو ئاوڕمان لێ بداتەوە و
لەناونەچین.»
٧ئینجا کەشتیوانەکان بە یەکتریان گوت: «وەرن
با تیروپشك بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەم بەڵایە
بەهۆی کێیە.» ئیتر تیروپشکیان کرد و کەوتە سەر
یونس.
٨لێیان پرسی: «پێمان بڵێ بەهۆی کێ تووشی ئەم
بەڵایە بووین؟ ئیشت چییە و لەکوێوە هاتوویت؟
سەر بە چ خاکێکیت و لە چ نەتەوەیەکیت؟»

[a] ١ بڕوانە دووەم پاشایان ١٤‏:٢٥.

٩ ئەویش وەڵامی دانەوە: «من عیبرانیم و لە
یەزدان دەترسم، خودای ئاسمان، ئەوەی دەریا و
وشکانیی دروستکردووە.»
١٠ پیاوەکان ترسێکی زۆریان لێ نیشت و لێیان
پرسی: «بۆچی ئەمەت کرد؟» پیاوەکان زانییان کە لە
یەزدان هەڵاتووە، چونکە پێشتر پێی گوتبوون.
١١ لێیان پرسی: «چیت لێ بکەین بۆ ئەوەی
دەریاکە هێمن بێتەوە؟» چونکە دەریاکە زیاتر
هەڵدەچوو.
١٢ ئەویش وەڵامی دانەوە: «بمبەن و فڕێمبدەنە
ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکەتان لێ هێمن دەبێتەوە،
چونکە من دەزانم بەهۆی منەوەیە ئەم ڕەشەبا
مەزنەتان لەسەرە.»
١٣ بەڵام پیاوەکان زیاتر و زیاتر سەوڵیان لێدەدا بۆ
ئەوەی کەشتییەکە بگەڕێننەوە بۆ وشکانی، کەچی
نەیانتوانی، چونکە دەریاکە زیاتر هەڵدەچوو. ١٤ ئیتر
هاواریان بۆ یەزدان کرد و گوتیان: «ئای ئەی یەزدان،
با لەناونەچین، لەبەر گیانی ئەم پیاوە خوێنی
بێتاوانێك مەخەرە ئەستۆمان. ئەی یەزدان، ئەوەی
ویستت کردت.» ١٥ ئینجا یونسیان گرت و فڕێیان دایە
ناو دەریاکەوە، ئیتر هاژەی دەریاکە هێمن بووەوە.
١٦ پیاوەکان زۆر لە یەزدان ترسان و قوربانییان بۆ
یەزدان سەربڕی و نەزریان[a] کرد.
١٧ یەزدانیش ماسییەکی ئامادە کرد کە زۆر گەورە
بوو بۆ ئەوەی یونس قووت بدات، ئیتر یونس سێ
شەو و سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسییەکەدا مایەوە.

## نزای یونس

٢ یونس لەناو سکی ماسییەکەوە نزای بۆ
یەزدانی پەروەردگاری خۆی کرد، ٢ گوتی:

«لە تەنگانەمدا هاوارم بۆ یەزدان کرد،
وەڵامی دامەوە.
لەناو سکی جیهانی مردووانەوە هاوارم کرد،
گوێت لە دەنگم بوو.
٣ فڕێتدامە قووڵایی،
لەناو جەرگەی دەریاکان،
لافاو دەوری دام،
شەپۆلەکانت بە لێشاو
دایانپۆشیم.
٤ گوتم: ”لەبەرچاوت دەرکرام،
بەڵام دەگەڕێمەوە
بۆ تەماشاکردنی پەرستگای پیرۆزت.“
٥ ئاو دەوری دام، تاکو ئەوەی ترس گەیشتە گیانم،
قووڵایی دەوری گرتم،
گیای دەریا لەسەرم ئاڵا.
٦ تاکو بنی چیاکان شۆڕ بوومەوە،
بۆ هەتاهەتایە لە زەوی بەندی کردم.
ئەی یەزدانی پەروەردگارم،
بەڵام تۆ ژیانی منت لە جیهانی مردووان هێنایە
دەرەوە.

٧ «ئەی یەزدان، کاتێك گیانم شەکەت بوو،
تۆم بیرکەوتەوە،
نزاکەم گەیشتە لات،
بۆ پەرستگای پیرۆزت.

٨ «ئەوانەی بتی پووچ دەپەرستن
لە خۆشەویستی خودا بۆ خۆیان
هەڵدەگەڕێنەوە.
٩ بەڵام من بە دەنگی ستایشەوە
قوربانیت بۆ سەردەبڕم،
ئەوەی نەزرم کردووە بەجێی دەهێنم.
ڕزگاری لە یەزدانەوەیە.»

١٠ ئینجا یەزدان فەرمانی بە ماسییەکە دا، ئەویش
ڕشایەوە و یونسی فڕێدایە سەر وشکانی.

## چوونی یونس بۆ نەینەوا

٣ ئینجا جارێکی دیکە فەرمایشتی یەزدان بۆ
یونس هاتەوە، پێی فەرموو: ٢ «هەستە بڕۆ بۆ

---

١٦ [a] نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

شاری مەزنی نەینەوا، ئەو پەیامەی پێت دەفەرمووم پێی ڕابگەیەنە.»

٣ یونسیش بەو شێوەیەی یەزدان پێی فەرموو هەستا و چوو بۆ نەینەوا، نەینەواش شارێکی زۆر مەزن بوو، سەردانیکردنی پێویستی بە سێ ڕۆژ هەبوو. ٤ یونس چووە ناو شارەکە. لە یەکەم ڕۆژەوە بانگەوازی کرد و گوتی: «چل ڕۆژی دیکە نەینەوا سەرەوژێر دەبێت.» ٥ ئیتر خەڵکی نەینەوا باوەڕیان بە خودا هێنا، بانگەوازی ڕۆژووگرتنیان ڕاگەیاند و جلوبەرگی گوشیان[a] پۆشی، لە گەورەیانەوە هەتا بچووکیان.

٦ کارەکە گەیشتەوە پاشای نەینەوا، ئەویش لەسەر تەختەکەی هەستا و کەواکەی لەبەر خۆی داکەند، جلوبەرگی گوشی پۆشی و لەسەر خۆڵەمێش دانیشت. ٧ ئیتر لە نەینەوا جاڕدرا و گوترا:

بە فەرمانی پاشا و پیاوە گەورەکانی:

نابێت نە خەڵك و نە ئاژەڵ، نە لە گاگەل
نە لە مێگەل، هیچ بچێژن، مەهێڵن نان
بخۆن و ئاو بخۆنەوە. ٨ با خەڵك و ئاژەڵەکان
جلوبەرگی گوش بپۆشن و زۆر لە خودا
بپاڕێنەوە، با هەریەکە لە ڕێگا خراپەکانی و لە
ستەمکارییەکەی بگەڕێتەوە. ٩ کێ دەزانێت؟
بەڵکو خودا سزایەکە ڕەت بکاتەوە، کڵپەی
تووڕەییەکەی دابمرکێتەوە و لەناونەچین.

١٠ کاتێك خودا کارەکانی ئەوانی بینی، بینی وا لە ڕێگای خراپەکاری گەڕاونەتەوە، خودا پاشگەز بووەوە لەو خراپەیەی کە فەرمووبووی بەسەریان دەهێنێت، ئیتر نەیکرد.

## تووڕەبوونی یونس بەهۆی بەزەیی یەزدان

٤ بەڵام ئەمە یونسی زۆر پەست کرد و ڕقی هەستا. ٢ نزای بۆ یەزدان کرد و گوتی: «ئای ئەی یەزدان، ئایا ئەمە قسەی من نەبوو کە هێشتا لە خاکی خۆمدا بووم؟ لەبەر ئەوە هەوڵی هەڵاتنم دا بۆ تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانیت و بە بەزەییت، پشوودرێژیت و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت زۆرە، لە خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەز دەبیتەوە. ٣ ئێستاش ئەی یەزدان، گیانم لێ بستێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.»

٤ یەزدانیش فەرمووی: «ئایا کارێکی باشە تووڕە بیت؟»

٥ ئینجا یونس لە شارەکە چووە دەرەوە و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە دانیشت، لەوێ کەپرێکی بۆ خۆی دروستکرد و لەژێر سێبەرەکەیدا دانیشت، بۆ ئەوەی ببینێت چی لە شارەکەدا ڕوودەدات. ٦ یەزدانی پەروەردگاریش ڕووەکێکی ئامادە کرد و لەسەر یونس بەرزی کردەوە، هەتا ببێتە سێبەر لە سەری، بۆ ئەوەی لە خەمەکەی دەربازی بکات. یونسیش زۆر دڵی بە ڕووەکەکە خۆش بوو. ٧ بەڵام خودا لە بەرەبەیاندا کرمێکی ئامادە کرد، کرمەکە لە ڕووەکەکەی دا و وشکی کرد. ٨ لە کاتی خۆر هەڵاتندا خودا بایەکی ڕۆژهەڵاتی گەرمی ئامادە کرد، هەتاو لەسەری یونسی دا و گێژی کرد، ئەویش داوای مردنی بۆ خۆی کرد و گوتی: «مردنم باشترە لە ژیانم.»

٩ خوداش بە یونسی فەرموو: «ئایا کارێکی باشە لەبەر ڕووەکەکە تووڕە بیت؟»

ئەویش گوتی: «بەڵێ، هەتا بڵێی کارێکی باشە.»

١٠ یەزدانیش فەرمووی: «تۆ دڵت بە ڕووەکەکە سووتا کە پێوەی ماندوو نەبوویت و بەخێوت نەکردووە، بە یەك شەو بوو، هەر بە یەك شەویش لەناوچوو. ١١ ئەی باشە نەینەوا، ئەو شارە مەزنە کە زیاد لە سەد و بیست هەزار کەسی تێدایە، ڕاستیان لە چەپیان جیا ناکەنەوە، هەروەها ئەو هەموو ئاژەڵە زۆرەش کە تێیدایە، دڵم پێیان نەسووتێت؟»

---

[a] ٥ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

# میخا

**کورتە باسێك**

**ئەی مرۆڤ، یەزدان پێی ڕاگەیاندیت کە چی چاکە و داوات لێدەکات کە دادوەری بەجێبهێنیت و حەزت لە خۆشەویستی نەگۆڕ بێت و بە بێفیزی لەگەڵ خوداکەت هاتوچۆ بکەیت.**

لە سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین میخای نووسەری ئەم پەڕتووکە بە ڕێنمایی خودا هۆشداری دایە هەردوو شانشینی یەهودا و ئیسرائیل. میخا لە شارۆچکەیەکی بچووکی باشووری ئۆرشەلیم دەژیا، بەڵام پەیامەکەی ئاراستەی هەردوو پایتەختی شانشینەکانی ئۆرشەلیم و سامیرە کرد. باسی ستەم و خراپە و خۆبەزلزانی و گەندەڵی و لەخواترسی ڕووکەش و هەڵخەڵەتێنەری ئەوانی کرد. پێویست بوو ئەو دوو شارە وەك گرنگترین شارەکانی هەردوو شانشینەکە ببنە نموونەی چاکە و ڕاستودروستی، نەك خراپە و هەڵگەڕانەوە و تاوان، لەبەر ئەوە لەبەرچاوی خودای پیرۆز و ڕاستودروست بەرپرس بوون لە خراپەی کردەوەکانیان.

تەوەری ئەم پەڕتووکە چاکەی خودا و داواکاری خودایە کە هەموو خەڵك چاك بن. خودا داوا دەکات دادپەروەری سەروەر بێت و ساکاری و خۆشویستن لەنێوان ئەو خەڵکە هەبێت کە باوەڕیان بە خودا هەیە، لەخواترسییان تەنها ڕووکەش و هەڵخەڵەتێنەر نەبێت. ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە و ستەمکاری دەکەن و لووتبەرزن خودا سزایان دەدات. هەروەها میخا پێشبینی هاتنی مەسیح دەکات و ئەو شوێنەش دیاری دەکات کە لێی لەدایك دەبێت، کاتێك مۆغەکان لەو منداڵە دەگەڕان کە لەدایك ببوو (مەتا ٢:‏٤-٦) ڕاوێژکارانی هێرۆدس ئاماژەیان بەو پێشبینییە کرد.

١ پەیامی یەزدان کە لە سەردەمی یۆتام و ئاحاز و حەزقیای پاشایانی یەهودا بۆ میخای مۆرەشەتی هات، ئەو بینینەی سەبارەت بە سامیرە و ئۆرشەلیم بوو:

٢ ئەی هەموو گەلان، گوێ بگرن،
زەوی و هەموو ئەوانەی تێیدان، سەرنج بدەن:
پەروەردگار لە پەرستگای پیرۆزیەوە،
یەزدانی باڵادەست ببێتە شایەت بەسەرتانەوە.

## حوکمدان بەسەر سامیرە و ئۆرشەلیم

٣ ئەوەتا، یەزدان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە
دێتە دەرەوە،
دادەبەزێت و بەسەر بەرزاییەکانی زەویدا
دەڕوات.
٤ چیاکان لە ژێری دەتوێنەوە و
دۆڵەکان شەق دەبەن،
وەك مۆم لەبەردەم ئاگردا،
وەك ئاوی ڕۆیشتوو بە لێژاییدا.
٥ هەموو ئەمە لەبەر یاخیبوونی یاقوب،
لەبەر گوناهی بنەماڵەی ئیسرائیل.
چی هۆکاری یاخیبوونی یاقوبە؟
ئایا سامیرە نییە؟
ئەی هۆکاری بتپەرستی بەرزاییەکانی یەهودا چییە؟
ئایا ئۆرشەلیم نییە؟
٦ «لەبەر ئەوە سامیرە کاول و وێران دەکەم،
دەیکەمە کێڵگەی مێو چاندن.
بەردەکانی فڕێدەدەمە ناو دۆڵەکەوە و
بناغەکانی دەردەخەم.
٧ هەموو بتەکانی تێکدەشکێنرێن و
هەموو کرێی داوێنپیسییەکەی بە ئاگر
دەسووتێنرێت،
هەموو بتەکانی وێران دەکەم.
لەبەر ئەوەی بە کرێی لەشفرۆشی کۆی
کردووەتەوە،
دەدرێتەوە لەشفرۆش.»

## گریان و شیوەن گێڕان

٨ لەبەر ئەوە دەلورێنم و دەلاوێنمەوە،
بەپێی پەتی و بە ڕووتی هاتوچۆ دەکەم.
وەک چەقەڵ دەلورێنم و
وەک کوندەپەپوو شیوەن دەگێڕم.
٩ چونکە برینەکەی سارێژ نابێت،
بەڵکو یەهوداش تووش بوو،
گەیشتە دەروازەی گەلەکەم،
هەتا ئۆرشەلیم هات.
١٠ ئەوە لە گەت ڕامەگەیەنن،
بە هیچ شێوەیەک مەگریێن،
لە بێتعۆفرادا[a]
خۆت لە خۆڵ بگەوزێنە.
١١ ئەی دانیشتووانی شافیر
بە ڕووتی و شەرمەزاری بپەڕنەوە،
دانیشتووانی چەئەنان دەرنەچن.
بێتئێچەل دەگریێت
بەڵام ناتانپارێزێت.
١٢ دانیشتووانی ماڕۆت بە ئازارەوە دەتلێنەوە،
بە دڵەڕاوکێوە چارەسەر چاکە دەکەن،
چونکە لەلایەن یەزدانەوە
بەڵا بۆ دەروازەی ئۆرشەلیم دابەزی.
١٣ ئەی دانیشتووانی لاخیش،
گالیسکە بە ئەسپەوە ببەستن،
ئێوە یەکەمین شار بوون دوای یاخیبوونەکانی
ئیسرائیل کەوتن،
هەروەها سییۆنی کچتان[b] تووشی گوناه کرد.
١٤ لەبەر ئەوە دیاری ماڵئاوایی دەدەن
بە مۆرەشەت گەت.
یارمەتی لە شارۆچکەکانی ئەکزیڤەوە[c] جێی
متمانە نییە
بۆ پاشاکانی ئیسرائیل.

[a] ١٠ (بێتعۆفرا) واتە (ماڵی خۆڵ).
[b] ١٣ دەربڕینێکی خوازەیە بۆ پایتەخت، مەبەست لە هەموو دانیشتووانی شارەکەیە.
[c] ١٤ ئەکزیڤ واتە هەڵخەڵەتاندنە.

١٥ داگیرکەرتان دەهێنمە سەر،
ئەی دانیشتووانی مارێشا[d]،
ئەوەی شکۆی ئیسرائیلە
دێتە عەدولام.
١٦ سەرتان بتاشن بۆ شیوەنگێڕان
لەسەر منداڵە نازدارەکانتان،
وەک سیسارکە کەچەڵ بن و مووتان بە سەرەوە
نەبێ
چونکە منداڵی ئێوە بە دیل گیراوی ڕاپێچ دەکەن.

## پیلانی مرۆڤ و پلانی خودا

٢ قوڕبەسەر ئەوانەی بیر لە بەدکاری دەکەنەوە
و
لەناو نوێنەکانیان پیلان بۆ خراپە دادەڕێژن!
کاتێک ڕووناکی بەیان دێت جێبەجێی دەکەن
چونکە لە دەستیان دێ.
٢ چاویان لە کێڵگەکانە و داگیری دەکەن،
هەروەها لە ماڵەکانە و دەستی بەسەردا دەگرن.
دەست بەسەر ماڵی خەڵکدا دەگرن،
تاکو لە میراتەکەی بێبەشی بکەن.

٣ لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«ئەوەتا من سەبارەت بەم گەلە بیر لە بەڵا
دەکەمەوە،
ئەوەی ناتوانن ملتانی لەبەر لابدەن.
بە لووتبەرزییەوە هاتوچۆ ناکەن،
چونکە کاتی خراپە دەبێت.
٤ لەو ڕۆژەدا پەندتان بەسەردا هەڵدەدرێت و
شیوەن دەگێڕن و دەگوترێ:
”بە تەواوی وێران بووین،
بەشی گەلەکەی منی گۆڕیوە.
چۆن لێی داماڵین!
کێڵگەکانی ئێمەی بەسەر ناپاکەکاندا دابەش
کرد؟“»

[d] ١٥ لە زمانی عیبریدا دەنگی (مارێشا) نزیکەی وشەیەکی دیکە کە واتە (داگیرکەر).

٥ لەبەر ئەوە لەنێو کۆمەڵی یەزداندا کەست نابێت
بە گوریسی پێوانە خاکەکە بە تیروپشك دابەش
بکات.

## پێغەمبەرانی درۆزن

٦ پێغەمبەرەکانیان دەڵێن: «پێشبینی مەکەن!
دەربارەی ئەم شتانە پێشبینی مەکەن،
ڕیسواییمان بەسەردا نایەت.»
٧ ئەی بنەماڵەی یاقوب، ئایا دروستە خەڵك
بپرسێت:
«ئایا یەزدان ئارامی لەبەر دەبڕێت؟
یان ئەمە کارەکانی ئەوە؟»

«ئایا وشەکانم باش نین
بۆ ئەوانەی بە ڕێکی هاتوچۆ دەکەن؟
٨ بەڵام لەم دواییەدا گەلەکەم
بۆ دوژمنایەتی ڕاپەڕین.
ئێوە کراس و کەوا پێکەوە دادەماڵن
لەوانەی بە دڵنیاییەوە تێدەپەڕن،
وەك ئەوانەی لە جەنگ دەگەڕێنەوە.
٩ ژنانی گەلەکەم دەردەکەن
لەو ماڵانەیان کە دڵیان پێی خۆشە.
بەرەکەتەکەم لە منداڵەکانیان
بۆ هەتاهەتایە دەبەیت.
١٠ هەستن و بڕۆن!
چونکە ئەمە شوێنی حەسانەوە نییە،
لەبەر ئەوەی گڵاو بوو،
وێران بوو، وێرانبوونێکی خراپ.
١١ ئەگەر درۆزن و چەواشەکار بێت و بڵێت:
”پێشبینیت بۆ دەکەم، سەبارەت بە شەراب و
مەی زۆر دەبێت،“
ئەوا ئەو دەبێتە پێغەمبەری ئەم گەلە!

## بەڵێنی ڕزگاری

١٢ «ئەی یاقوب، بە دڵنیایی بە تەواوی
کۆتدەکەمەوە،
بە دڵنیایی پاشماوەی ئیسرائیل خڕدەکەمەوە.
یەکیاندەخەم وەك ڕانە مەڕی ناو پشتیر[a]،
وەك ڕانێك لەناو لەوەڕگاکەی،
ئەم شوێنە پڕ لە خەڵك دەبێت.
١٣ کەلێندڕ پێشیان دەکەوێت،
دەروازەکە دەشکێنن و لێی تێدەپەڕن و دێنە
دەرەوە.
پاشاکەشیان لەپێشیانەوە تێدەپەڕێت،
یەزدانیش پێشەنگیانە.»

## سەرزەنشتی ڕابەران و پێغەمبەران

٣ گوتم:

«ئەی سەرکردەکانی یاقوب،
ئەی ڕابەرانی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ بگرن.
ئایا بۆ ئێوە نییە زانینی دادپەروەری؟
٢ ئێوە کە ڕقتان لە چاکەیە و حەز لە خراپە
دەکەن،
پێستی گەلەکەم دادەماڵن و
گۆشتیان لە ئێسکەکانیان جیا دەکەنەوە؛
٣ ئێوە کە گۆشتی گەلەکەم دەخۆن،
کەوڵیان دەکەن،
ئێسکیان دەشکێنن،
پارچەپارچەیان دەکەن وەك بۆ ناو مەنجەڵ،
وەك گۆشتی ناو تاوە.»

٤ ئینجا هاوار بۆ یەزدان دەکەن،
بەڵام وەڵامیان ناداتەوە.
لەو کاتەدا ڕووی خۆی لێیان دەشارێتەوە،
لەبەر ئەو خراپانەی کردیان.

٥ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«سەبارەت بە پێغەمبەرەکان،
ئەوانەی گەلەکەم گومڕا دەکەن،
بانگەوازی ئاشتی دەکەن
بۆ ئەوانەی تێریان دەکەن،

[a] ١٢ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

بەڵام جەنگ لە دژی ئەوانە بەرپا دەکەن
کە تێریان ناکەن.
٦ لەبەر ئەوە شەوێکتان بەسەردا دێت کە هیچ
بینینێکتان بۆ ئاشکرا ناکرێت،
تاریکییەکی بێ فاڵگرتنەوە.
خۆر لە پێغەمبەرەکان ئاوا دەبێت،
ڕۆژیان لێ تاریك دادێت.
٧ پێشبینیکەران شەرمەزار دەبن،
فاڵگرەوەکان ڕیسوا دەبن،
هەموویان چاوەڕوویان نەماوە،
چونکە خودا وەڵامیان ناداتەوە.»
٨ بەڵام سەبارەت بە من، پڕم لە هێز،
پڕ لە ڕۆحی یەزدان،
لە دادپەروەری و پاڵەوانییەتی،
تاکو یاخیبوونەکەی یاقوب بە خۆی ڕابگەیەنم،
بە ئیسرائیلیش گوناهەکەی.

٩ ئەی سەرکردەکانی بنەماڵەی یاقوب،
ڕابەرانی بنەماڵەی ئیسرائیل، گوێ لەمە بگرن،
ئێوە کە قێزتان لە دادپەروەری دەبێتەوە و
هەموو ڕاستییەك خواروخێچ دەکەن،
١٠ ئێوە سییۆن بە خوێن بنیاد دەنێن و
ئۆرشەلیم بە ستەم.
١١ ڕابەرەکانی بە بەرتیل دادوەری دەکەن،
کاهینەکانی بە کرێ خەڵکی فێردەکەن،
پێغەمبەرەکانی بە پارە فاڵ دەگرنەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە یەزدان دەبەستن و
دەڵێن:
«ئایا یەزدان لەنێوانماندا نییە؟
هیچ بەڵایەکمان بەسەردا نایەت.»
١٢ لەبەر ئەوە بەهۆی ئێوەوە
سییۆن وەك کێڵگە دەکێڵدرێت،
ئۆرشەلیم کاول دەبێت،
گردەکەی پەرستگاش دەبێتە دارستانێکی بێ
کەڵك.

## کێوی یەزدان

٤ لە ڕۆژانی کۆتاییدا،
کێوی پەرستگای یەزدان
لەسەر لووتکەی چیاکان جێگیر دەبێت،
بەسەر گردەکانەوە بەرز دەبێتەوە و
گەلان بە لێشاو بەرەو لای ئەو دەچن.

٢ زۆرێك لە نەتەوەکان بەڕێ دەکەون و دەڵێن:

«وەرن با بەرەو کێوی یەزدان سەربکەوین،
بۆ ماڵەکەی خودای یاقوب.
فێری ڕێگاکانی خۆیمان دەکات،
بۆ ئەوەی بە ڕێچکەی ئەودا بڕۆین.»
فێرکردن لە سییۆنەوە دەردەچێت،
پەیامی یەزدانیش لە ئۆرشەلیمەوە.
٣ لەنێو چەندین گەل دادوەری دەکات،
ناوبژی بۆ نەتەوە بەهێز و دوورەکان دەکات،
شمشێرەکانیان دەکوتنەوە و دەیکەنە گاسن،
ڕمەکانیشیان دەکەنە داس.
هیچ نەتەوەیەك شمشێر لە نەتەوەیەکی دیکە
هەڵناکێشێت،
چیتر فێری جەنگ نابن.
٤ هەریەکە و لەژێر ڕەزەمێوەکەی و
لەژێر دار هەنجیرەکەی دادەنیشێت،
کەس نایترسێنێت،
چونکە یەزدانی سوپاسالار فەرموویەتی.
٥ هەر گەلێك ڕێگای خۆی دەگرێتەبەر،
هەریەکە و بە ناوی خوداوەندەکانی خۆیەوە؛
ئێمەش بە ناوی یەزدانی پەروەردگارمانەوە
بۆ هەتاهەتایە و هەتاسەر ڕێگا دەگرینەبەر.

## پلانی یەزدان

٦ یەزدان دەفەرموێت:

«لەو ڕۆژەدا شەلەکان کۆدەکەمەوە و
ڕاپێچکراوەکان خڕدەکەمەوە،
هەروەها ئەوانەی سزام داون.

٧ شەلەکان دەکەمە پاشماوە،
دوورخراوەکانیش دەکەمە نەتەوەیەکی بەهێز.
یەزدانیش لە کێوی سییۆن پاشایەتییان دەکات
لەو کاتەوە و بۆ هەتاهەتایە.
٨ تۆش ئەی تاوەری پاسەوانی مێگەل،
ئەی قەڵای سییۆنی کچ،
هەروەک پێشتر دەسەڵاتت بۆ دەگەڕێتەوە،
پاشایەتی ئۆرشەلیمی کچ.»

٩ ئێستا بۆچی بە هاوارەوە دەگریت؟
بۆچی وەک ژانی منداڵبوون ژانت گرتووە؟
ئایا پاشات نییە،
یان ڕاوێژکارت مردووە؟
١٠ ئەی سییۆنی کچ، لەبەر ژان بگەوزێ
وەک ژنی ژانگرتوو،
چونکە ئێستا لە شار دێیتە دەرەوە و
لە دەشتودەر چادر هەڵدەدەیت.
دەچیتە بابل،
لەوێ دەرباز دەکرێیت.
لەوێ یەزدان دەتکڕێتەوە
لە دەستی دوژمنەکانت.

١١ بەڵام ئێستا، چەندین نەتەوە
لە دژی تۆ کۆدەبنەوە.
دەڵێن: «با گڵاو بێت،
با بە دیمەنی سییۆن دڵخۆش بین.»
١٢ بەڵام ئەوان نازانن
بیرکردنەوەی یەزدان چییە،
هەروەها لە پلانی ئەو تێناگەن،
چونکە وەک مەلوی گەنم بۆ سەر جۆخین کۆی کردنەوە.
١٣ «ئەی سییۆنی کچ، هەستە و پێشێلی بکە،
چونکە قۆچی ئاسنینت پێ دەبەخشم.
سمی بڕۆنزت پێ دەبەخشم و
چەندین گەل تەفروتونا دەکەیت.»
دەستکەوتی ناڕەوایی ئەوان بۆ یەزدان تەرخان دەکەیت،
سامانیان بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان.

## بەڵێنی فەرمانڕەوایەک لە بێتلەحمەوە

٥ ئەی شاری سوپاکان، سوپاکانی خۆت کۆبکەرەوە،
چونکە گەمارۆ دراوین.
بە گۆچان لە ڕوومەتی
ڕابەری ئیسرائیل دەدەن.

٢ «بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی ئەفراتە،
هەرچەندە لەنێو شارۆچکەکانی[a] یەهودا بچووکیت،
بەڵام یەکێک لە تۆوە بۆ من دەردەکەوێت
ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل،
ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە،
لە ئەزەلەوەیە.»

٣ لەبەر ئەوە یەزدان گەلەکەی خۆی ڕادەستی دوژمن دەکات
هەتا ئەو کاتەی ئەوەی ژانی گرتووە منداڵی دەبێت،
پاشماوەی براکانیشی دەگەڕێنەوە
بۆ لای نەوەی ئیسرائیل.

٤ جا دەوەستێت و شوانایەتی گەلەکەی دەکات
بە هێزی یەزدان،
بە باڵادەستیی ناوی یەزدانی پەروەردگاری خۆی.
جا بە ئاسوودەیی دەژین،
چونکە لەو کاتە مەزنایەتی دەگاتە ئەوپەڕی زەوی.

٥ ئەو دەبێتە ئاشتی ئێمە،
کاتێک ئاشور هێرش بکاتە سەر خاکەکەمان و
پێ بنێتە ناو قەڵاکانمان.
حەوت شوانی لەسەر دادەنێین،
لەگەڵ هەشت میر.
٦ بە شمشێر شوانایەتی خاکی ئاشور دەکەن و
خاکی نەمرودیش بە شمشێری هەڵکێشراو.

[a] ٢ یان: هۆزەکانی یەهودا.

بەڵام لە ئاشور دەربازمان دەکات،
کاتێك هێرش دەکاتە سەر خاکەکەمان و
کاتێك پێ دەنێتە سنوورەکانمان.

٧ پاشماوەی یاقوب
لەنێو چەندین گەل دەبێت،
وەك شەونم لەلایەن یەزدانەوە،
وەك بارانی بە لێزمەی سەر گژوگیا،
ئەوەی چاوەڕوانی مرۆڤ ناکات و
بۆ ئادەمیزاد ناوەستێت.
٨ پاشماوەی یاقوب لەنێو نەتەوەکان،
لەنێو چەندین گەل،
وەك شێر لەنێو دڕندەکانی دارستاندا،
وەك جوانە شێر لەنێو ڕانە مەڕدا،
ئەوەی بپەڕێتەوە دەیشێلێت و پەلاماری دەدات،
کەس نییە لە دەستی دەربازی بکات.
٩ دەستت بەسەر ناحەزانت زاڵ دەبێت و
هەموو دوژمنەکانت لەناودەچن.

١٠ یەزدان دەفەرموێت:

«لەو ڕۆژەدا ئەسپەکانت لەنێو خۆت لەناودەبەم و
گالیسکەکانت ڕیشەکێش دەکەم.
١١ شارەکانی خاکەکەت لەناودەبەم و
هەموو قەڵاکانت تێکدەدەم.
١٢ ئەو جادووگەرییەی کە دەیکەیت لەناوی دەبەم
و
لەمەودوا ناتوانیت نوشتە بکەیت.
١٣ بتە داتاشراوەکانت لەناودەبەم و
لەگەڵ هەموو بەردە تەرخانکراوەکانت[a]
لەناوەڕاستت،
ئیتر کڕنۆش نابەیت
بۆ دەستکردی دەستەکانت.
١٤ ستوونە ئەشێراکانت[b] لەنێوتدا هەڵدەکێشم و
شارەکانت وێران دەکەم.
١٥ بە تووڕەیی و هەڵچوونەوە تۆڵە دەکەمەوە
لەو گەلانەی گوێڕایەڵی من نەبوون.»

## سکاڵای یەزدان لە دژی ئیسرائیل

٦ گوێ بگرن لەوەی یەزدان دەفەرموێت:

«هەستە، بڕۆ لەلای چیاکانەوە
سکاڵا بکە،
با گردەکان گوێیان لێبێت کە چی دەڵێیت.

٢ «ئەی چیاکان، گوێ لە سکاڵای یەزدان بگرن،
ئەی بناغە هەمیشەییەکانی زەوی، ئێوەش گوێ
بگرن!
چونکە سکاڵای یەزدان لە گەلەکەیەتی،
داواکەی لە دژی ئیسرائیلە.

٣ «ئەی گەلەکەم، چیم لێت کردووە؟
بە چی نیگەرانم کردوویت؟ وەڵامم بدەوە!
٤ من لە خاکی میسرەوە دەرمهێنایت،
لە خاکی کۆیلایەتی تۆم کڕییەوە.
من موسام بۆ ناردی ڕابەرایەتیت بکات،
هەروەها هارون و مریەمیش.
٥ ئەی گەلەکەم، بیهێنەرەوە یادت
بالاقی پاشای مۆئاب پیلانی چی گێڕا و
بەلعامی کوڕی بەعۆر چی وەڵام دایەوە.
گەشتەکەت لە شەتیمەوە تاکو گلگال بهێنەرەوە
یادت،
تاکو کارە ڕاستودروستەکانی یەزدان بزانیت.»

٦ بە چی بچمە بەردەمی یەزدان و
بۆ خودای پایەبەرز بچەمێمەوە؟
ئایا بە قوربانی سووتاندن بچمە بەردەمی،
بە گوێرەکەی تەمەن یەك ساڵە؟
٧ ئایا یەزدان بە هەزاران بەران و
بە دەیان هەزار ڕووبار لە ڕۆن ڕازی دەبێت؟
ئایا نۆبەرەکەم لە جیاتی یاخیبوونەکەم بدەم،
بەری لەشم لە جیاتی گوناهی خۆم؟

[a] ١٣ بەردی بە ستوونی دانراو بۆ پەرستن. بڕوانە دواوتار ١٦:‏٢١-٢٢.
[b] ١٤ ستوونە ئەشێرا: هێمای خواژنە. بڕوانە یەکەم پاشایان ١١:‏٥.

٨ ئەی مرۆڤ، یەزدان پێی ڕاگەیاندیت کە چی
چاکە و
داوای چیت لێدەکات:
دادوەری بەجێبهێنە و حەزت لە خۆشەویستی
نەگۆڕ بێت و
بە بێفیزی لەگەڵ خوداکەت هاتوچۆ بکەیت.

## تاوان و سزای ئیسرائیل

٩ ئەگەر ئێوە دانان لە ناوی خودا بترسن!
دەنگی یەزدان بانگەواز بۆ شارەکە دەکات:
«ئەی گەل و ئەوانەی لە شار کۆدەبنەوە، گوێ
بگرن!
١٠ ئەی ماڵی خراپەکار، ئایا هێشتا گەنجینەی
داهاتی ناڕەواییتان لەبیر دەکەم؟
ئایا ئێفەی[a] ناتەواو کە نەفرەت لێکراوە لەیادی
دەکەم؟
١١ ئایا ئەوانەی تەرازوویان درۆیە بێتاوانیان دەکەم،
ئەوانەی فێڵ لە توورەکەی کێش دەکەن؟
١٢ دەوڵەمەندەکانی ستەمکارن،
دانیشتووانەکەشی قسەی درۆ دەکەن و
بە زمانیان فێڵ دەکەن.
١٣ لەبەر ئەوە خەریکم سزاتان دەدەم،
لەبەر گوناهەکانتان وێرانتان دەکەم.
١٤ ئێوە دەخۆن و تێر نابن،
گەدەتان هەردەم بەتاڵ دەبێت.
ئەمبار دەکەن، بەڵام هیچ نامێنێتەوە،
چونکە ئەوەی مایەوە دەیدەمە شمشێر.
١٥ ئێوە دەچێنن و نادورنەوە،
زەیتوون دەگوشن و بە ڕۆنەکەی خۆتان چەور
ناکەن،
ترێ دەگوشن و لە شەرابەکەی ناخۆنەوە.
١٦ چونکە فەرزەکانی عۆمری[b] و
هەموو نەریتەکانی بنەماڵەی ئەحاڤت
بەجێهێناوە و
ڕێگای ڕاوێژەکانی ئەوانتان گرتووەتەبەر.
لەبەر ئەوە وێرانتان دەکەم و
دانیشتووانەکەت دەکەمە مایەی گاڵتەجاڕی و
تانە و تەشەری نەتەوەکان.»

## ناخۆشی ئیسرائیل

٧ قوڕبەسەرم!
وەك کەسێکم لێهات لە هاویندا بەر
بڕنێت،
وەك چنینەوەی ڕەزەمێو.
نە هێشووە ترێ بۆ خواردن هەیە،
نە هەنجیری یەکەم بەر کە نەوسم ئارەزووی
دەکات.
٢ خواناس لە خاك لەناوچوو،
کەسێکی سەرڕاست لەنێو خەڵکدا نەماوە.
هەموو بۆ خوێنڕشتن خۆیان ماتداوە،
هەریەکە و براکەی خۆی بە تۆڕ ڕاودەکات.
٣ بۆ خراپە هەردوو دەستەکانیان چالاکن،
میر داوای دیاری دەکات،
دادوەر بەرتیل وەردەگرێت،
بەهێز بە ئارەزووی خۆی قسە دەکات
پێکەوە دەیڕێسن.
٤ چاکترینیان وەك وشترالووکە و
ڕاستترینیان وەك پەرژینی دڕکە.
ڕۆژی سزادانی خودا بۆ تۆ هات،
ئەو ڕۆژەی کە چاودێرەکانت[c] هاوار دەکەن بۆ
ئاگادارکردنەوە.
ئێستا کاتی سەرلێشێواندنی ئێوەیە.
٥ متمانە بە برادەر مەکە و
پشت بە دۆست مەبەستە.
نهێنیت بپارێزە
تەنانەت لە ژنەکەشت کە لە باوەشت
پاڵکەوتووە.

[a] ١٠ ئێفە یەکەیەکی کێشە، بیست و دوو لیتر بووە.
[b] ١٦ عۆمری باوکی ئەحاڤ بوو، هەردووکیان گەلی خودایان بۆ بتپەرستی هاندا. بڕوانە ١ پاشایان ١٦:٢٣-٢٦.
[c] ٤ مەبەست لە پێغەمبەرەکان.

٦ چونکە کوڕ سووکایەتی بە باوکی دەکات،
کچ لە دایکی ڕاستدەبێتەوە،
بووک لە خەسووی؛
دوژمنی مرۆڤ لە خانەوادەکەی خۆی دەبێت.
٧ بەڵام من چاوم لەسەر یەزدان دەبێت،
چاوەڕوانی خودای ڕزگاریم دەکەم،
خودام گوێم لێ دەگرێت.

## ئیسرائیل هەڵدەستێتەوە

٨ ئەی دوژمنەکەم، بە نسکۆی من دڵخۆش نەبیت!
چونکە ئەگەر بکەوم، هەڵدەستمەوە،
ئەگەر لە تاریکیدا دانیشم،
یەزدان ڕووناکییە بۆم.
٩ لەبەر ئەوەی لە دژی ئەو گوناهم کرد،
بەرگەی تووڕەیی یەزدان دەگرم،
تاوەکو بەرگری لە داواکەم دەکات و
مافی من دێتە دی.
دەمهێنێتە دەرەوە بۆ ناو ڕووناکی،
ڕاستودروستی ئەو دەبینم.
١٠ ئینجا دوژمنەکەم تەماشا دەکات و
شەرمەزاری دایدەپۆشێت،
ئەوەی پێی دەگوتم:
«کوا یەزدانی پەروەردگارت؟»
چاوەکانم تەماشای کەوتنی دەکەن،
تەنانەت ئێستاش دەشێلرێت
وەك قوڕی شەقامەکان.
١١ ڕۆژی بنیادنانی دیوارەکانت دێت،
ڕۆژی فراوانکردنی سنوورەکانت.
١٢ لەو ڕۆژەدا خەڵك دێنە لات،
لەلای ئاشور و لە شارەکانی میسرەوە،
تەنانەت لە میسرەوە هەتا فورات
لە دەریاوە بۆ دەریا و
لە چیاوە بۆ چیا.
١٣ زەوی لەبەر دانیشتووانەکەی وێران دەبێت،
بەهۆی کردەوەکانیان.

## نوێژ و ستایشکردن

١٤ بە گۆچانەکەت شوانایەتی گەلەکەت بکات،
مێگەلی میراتەکەت،
ئەوەی بە تەنها لە دارستان نیشتەجێیە
لەناوەڕاستی ڕەزەکان.
با لە باشان و گلعاد بلەوەڕێن
وەك ڕۆژگاری کۆن.
١٥ «وەك ڕۆژانی هاتنەدەرەوەت لە خاکی میسر،
کاری سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەم.»
١٦ نەتەوەکان تەماشا دەکەن و شەرمەزار دەبن،
سەرباری هەموو پاڵەوانییەتییەکەیان.
دەست دەخەنە سەر دەمیان
گوێیان کەڕ دەبێت.
١٧ وەك مار خۆڵ دەلێسنەوە،
وەك خشۆکەکانی زەوی.
بە لەرزەوە لە قەڵاکانیان دێنە دەرەوە،
بۆ لای یەزدانی پەروەردگارمان دێن و دەتۆقن،
لە تۆ دەترسن.
١٨ کێ خودایەکی وەك تۆیە،
کە لە تاوان دەبووڕێت و
لە یاخیبوونی پاشماوەی گەلەکەت خۆشدەبێت؟
هەتاسەر تووڕەیی خۆت هەڵناگریت
چونکە بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت
دڵخۆشیت.
١٩ دەگەڕێیتەوە و بەزەییت پێماندا دێتەوە،
تاوانەکانمان دەخەیتە ژێر پێتەوە و
هەموو گوناهەکانمان فڕێیدەدەیتە ناو قووڵایی
دەریا.
٢٠ دڵسۆزی بۆ یاقوب پیشان دەدەیت،
خۆشەویستی نەگۆڕ بۆ ئیبراهیم،
ئەوەی سوێندت بۆ باوباپیرانمان خوارد
هەروەك ڕۆژگاری کۆن.

# ناحوم

**کورتە باسێك**

**سەرباری بڕیاری سزادان لەلایەن خوداوە هێشتا تروسکایی پەیامی هیوا لەنێو تاریکی ئەنگوستەچاودا هەیە.**

لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین بە سروشی خودا پێغەمبەر ناحوم پێشبینی وێرانبوونی نەینەوای پایتەختی ئاشوری کرد. ئاشورییەکان لە ساڵی ٧٢٢ پ. ز. سامیرەیان داگیر کرد. بەڵام لە ئەنجامی خراپە و خۆبەزلزانییان لە ساڵی ٦١٢ پ. ز. تووشی هەمان چارەنووس هاتن. ناحوم زۆر ڕاشکاوانە باسی هۆکارەکانی وێرانبوونی نەینەوا دەکات و ئاماژە بۆ بتپەرستی و درۆ و ناپاکی و ستەمکارییان دەکات. شارەکە پڕبوو لە خوێن (١:٣)، شاری ئاوا نابێ بمێنێت. پەیامی ئەم پەڕتووکە پیرۆزی خودا و دادپەروەری و هێزەکەیەتی. خودا هەموو زەوی بەڕێوە دەبات، تەنانەت ئەوانەش کە دانی پێدا نانێن. ئەو سنووری نەتەوەکان دیاری دەکات، هەر نەتەوەیەك یاساکانی ببەزێنێت وێران دەبێ. سەرباری بڕیاری سزادان هێشتا تروسکایی پەیامی هیوا لەنێو تاریکی ئەنگوستەچاودا هەیە، خودا پشوودرێژە لە تووڕەبوون (٣:١)، چاکە (٧:١)؛ مژدەی خۆش بە هەموو ئەوانە دەبەخشێت کە داوای بەرەکەت دەکەن لەبری سزای خودا (١٥:١).

١ سروشێك[a] سەبارەت بە نەینەوا، پەڕتووکی بینینەکەی ناحومی ئەلقۆشی:

### تووڕەیی خودا لە دژی نەینەوا

٢ یەزدان خودایەکی ئیرەدار[b] و تۆڵەسێنەرە،
یەزدان تۆڵەسێنەر و زۆر تووڕەیە.
یەزدان تۆڵەسێنەرە لە ناحەزانی و
هەڵچوونی لە دژی دوژمنانی بەردەوامە.
٣ یەزدان پشوودرێژە و توانای مەزنە،
بەڵام چاو لە گوناه ناپۆشێت.
ڕێگای یەزدان لەناو گەردەلوول و ڕەشەبادایە،
هەور تۆزی پێیەکانیەتی.
٤ دەریا سەرزەنشت دەکات و وشکی دەکات،
هەموو ڕووبارەکان بێ ئاو دەکات.
باشان و کارمەل سیس دەکات،
خونچەی لوبنان سیس دەبێت.
٥ چیاکان لەبەر ئەو دەلەرزن و
گردەکان دەتوێنەوە.
زەوی لە ئامادەبوونی ئەو دەهەژێت،
جیهان و هەموو دانیشتووانەکەی.
٦ کێ لەبەردەم تووڕەیی ئەو خۆی ڕادەگرێت؟
کێ بەرگەی جۆشی تووڕەیی ئەو دەگرێت؟
هەڵچوونی وەك ئاگر دەڕژێت و
تاشەبەردەکان لەبەردەمی دەشکێن.

٧ یەزدان چاکە،
لە ڕۆژی تەنگانە قەڵایە.
بایەخ بەوانە دەدات کە پشتی پێ دەبەستن،
٨ بەڵام بە تۆفانێکی گەورە
بە تەواوی کۆتایی بە نەینەوا دەهێنێت،
دوژمنەکانی بەرەو تاریکی ڕاودەنێت.

٩ بیر لە چی دەکەنەوە لە دژی یەزدان؟
ئەو کۆتایی پێدەهێنێت،
کارەسات دوو جار بەرپا نابێت.
١٠ ئەوان وەك دڕك لێك دەئاڵێن،
بە شەرابەکەیان سەرخۆش دەبن،
هەموویان وەك کای وشك دەسووتێن.
١١ ئەی نەینەوا، یەکێك لە تۆوە دەردەکەوێت،

---

١ [a] فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

٢ [b] واتای حەسوود، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

ئەوەی بیر لە خراپە دەکاتەوە لە دژی یەزدان،
ڕاوێژکاری بەدکارییە.

١٢ یەزدان ئەمە دەفەرموێت:

«هەرچەندە بەهێز و زۆریشن،
بەڵام دەبڕێنەوە و بەسەردەچن.
ئەی یەهودا، هەرچەندە زەلیلم کردیت
بەڵام ئیتر زەلیلت ناکەم.
١٣ ئێستاش ئەو نیرەی[a] کە لەسەر تۆی دایانناوە
دەیشکێنم،
کۆتەکانت لێ دەکەمەوە.»

١٤ ئەی نەینەوا، یەزدان سەبارەت بە تۆ فەرمانی
داوە:
«هیچ نەوەیەك نامێنێت ناوی تۆی
هەڵگرتبێت.
بتە داتاشراو و لەقاڵبدراوەکان
لە پەرستگای خوداوەندەکانت ڕیشەکێش
دەکەم.
گۆڕت بۆ هەڵدەکەنم، چونکە تۆ شایانی ژیان
نیت.»

١٥ ئەوەتا لەسەر چیاکانە
پێیەکانی مزگێنیدەر،
ئاشتی ڕادەگەیەنێت!
ئەی یەهودا، جەژنەکانت بگێڕە،
نەزرەکانت[b] بەجێبهێنە،
ئیتر بەدکاران داگیرت ناکەن،
بەڵکو بە تەواوی بنبڕ دەبن.

## پاشایەتی نەینەوا دەڕووخێنرێت

٢ ئەی نەینەوا، پەلاماردەر لە دژی تۆ هات.
قەڵاکە بپارێزە،
چاودێری ڕێگاکە بکە،
بازووی لێ هەڵبکە،
توانای زۆر بخەرە گەڕ!

٢ یەزدان سەروەری یاقوب دەگەڕێنێتەوە
وەك سەروەری ئیسرائیل،
هەرچەندە تاڵانکەران تاڵانیان کردن و
ڕەزەمێوەکانیان تێکدان.

٣ قەڵغانی پاڵەوانەکانی ئاڵ هەڵگەڕاون،
قارەمانەکانی لە بەرگی سووردان،
لە ڕۆژی خۆ ئامادەکردنیاندا
پۆڵای گالیسکەکان بریسکە دەداتەوە،
ئەو ڕمانەی لە دار سنەوبەر دروستکراون
دەلەرنەوە.
٤ گالیسکەکان لە شەقامەکان تیژڕەون،
لە گۆڕەپانەکان سەرەڕۆن.
دیمەنیان وەك مەشخەڵە،
وەك بروسك غار دەدەن.

٥ نەینەوا پاڵەوانەکانی بانگ دەکات،
بەڵام ساتمە دەکەن و لە ڕۆیشتنیاندا دەکەون.
پەلە دەکەن بۆ لای شووراکانی و
قەڵغانەکان ئامادە کراون.
٦ دەروازەکانی ڕووبار دەکرێنەوە و
کۆشکەکە دەڕمێت.
٧ بە فەرمانی خودا بە دیل دەگیرێت و
ڕاپێچ دەکرێت.
کەنیزەکانی هەروەك کۆتر دەگمێنن،
سنگیان دەکوتن.
٨ نەینەوا وەك حەوزێکی وشکبووە.
هاوار دەکەن، «ڕاوەستن! ڕاوەستن!»
بەڵام کەس ئاوڕ ناداتەوە.
٩ «زیو تاڵان بکەن!
زێڕ تاڵان بکەن!
گەنجینەکانی لەبن نایەن،
پڕە لە گەوهەری بەهادار.»
١٠ چۆڵ و تاڵانکراو و داماڵراوە،

[a] ١٣ مەبەستی لە بارگرانییە.

[b] ١٥ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

دڵ دەتوێتەوە و ئەژنۆکان شلن،
هەموویان دەلەرزن، ڕەنگیان دەپەڕێت.

١١ کوا لانەی شێرەکان،
لەوەڕگای بەچکە شێران؟
لەوێدا شێر و شێرە مێ دەگەڕان
لەگەڵ بەچکە شێر، هیچ شتێك نەیدەترساندن.
١٢ شێر بۆ پێویستی بەچکەکانی پەلاماری دەدا و
نێچیرەکەی بۆ شێرە مێیەکەی دەخنکاند،
ئەشکەوتەکەی پڕ دەکرد لە نێچیر،
لانەکانیشی لەوانەی پەلاماری داون.

١٣ یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت:
«من لە دژی تۆم.
گالیسکەکانت دەسووتێنم و دەبنە دووکەڵ،
بەچکە شێرەکانیشت شمشێر دەیانخوات و
نێچیرت لەسەر زەوی لێ دەبڕم.
ئیتر دەنگی نێردراوەکانت نابیسترێن.»

## قوڕبەسەر نەینەوا

٣ ئەی شاری خوێن، قوڕبەسەرت،
سەراپای درۆیە،
پڕ لە تاڵانە،
نێچیری لێ نابڕێت!
٢ شریقەی قامچی،
خشەخشی چەرخ،
غاردانی ئەسپ و
هەڵبەزینی گالیسکە!
٣ سوارەکان پێشدەکەون،
بلێسەی شمشێر و
بروسکەی ڕم!
زۆری برینداران و
زۆری کوژراوان،
تەرمی بێشومار،
خەڵکی ساتمە لە کەلەشەکان دەکەن.
٤ هەموو ئەمانە لەبەر زۆری داوێنپیسی
لەشفرۆشەکەیە،

ڕوخسار جوان و جادووگەرە گەورەکە،
ئەوەی بە داوێنپیسییەکەی نەتەوەکانی کردە
کۆیلە،
بە جادووگەرییەکەی خێڵەکان.

٥ یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: «من لە دژی
تۆم.
دامێنت هەڵدەبڕم بۆ سەر ڕووت،
ڕووتیت پیشانی نەتەوەکان دەدەم و
پاشایەتییەکانیش شەرمەزاریت دەبینن.
٦ پیسایی فڕێدەدەمە سەرت،
ڕیسوات دەکەم و
دەتکەمە دیمەنێکی گاڵتەجاڕی.
٧ جا هەرکەسێك بتبینێت لێت ڕادەکات و دەڵێت:
”نەینەوا کاول بوو، کێ بۆی دەگرییێت؟“
لەکوێ کەسێك ببینمەوە دڵنەواییت بکات؟»

٨ ئایا لە تیب چاکتریت،
دانیشتووی سەر نیل،
ئاو چواردەوری دابوو؟
ئەوەی ڕووبارەکە دەیپاراست،
ئاوەکان شوورای بوون.
٩ کوش[a] و میسر هێزی لە ڕادەبەدەری بوون،
پووت و لیبییەکان هاوپەیمانی بوون.
١٠ بەڵام ئەو بە دیل گیرا و
ڕاپێچ کرا،
منداڵەکانی پارچەپارچە کران
لەسەر سووچی هەموو شەقامێك.
لەسەر پیاوماقوڵانی تیروپشك کرا و
هەموو گەورە پیاوانی کۆت و زنجیر کران.
١١ هەروەها تۆش سەرخۆش دەبیت،
خۆت دەشاریتەوە و
لە پەنایەك دەگەڕێیت لە دەستی دوژمن.

١٢ هەموو قەڵاکانت وەك داری هەنجیرن
بە یەکەم بەرەوە،
کە بتەکێن بەردەبنەوە

[a] ٩ وڵاتێك بووە لە سەرووی ڕووباری نیل.

بۆ ناو دەمی ئەو کەسەی دەیخوات.
١٣ تەماشای سەربازەکانت بکە،
هەموویان وەك ژنن!
دەروازەکانی خاکەکەت
بۆ دوژمنانت دەخرێنە سەر پشت،
ئاگر شمشیرەی[a] دەروازەکانت هەڵدەلووشێت.
١٤ ئاو بکێشەوە بۆ کاتی گەمارۆدراویت،
قەڵاکانت بەهێز بکە!
بڕۆ ناو قوڕەوە،
قوڕ بشێلە و
خشتبڕەکانت توندوتۆڵ بکە!
١٥ لەوێدا ئاگر دەتخوات،
شمشێر دەتبڕێت و
وەك پۆلە کوللە دەتخوات.
وەك پۆلە کوللە زیادبە،
زیادبە وەك پێکوڕە!
١٦ بازرگانەکانی خۆت
لە ئەستێرەکانی ئاسمان زۆرتر کرد،
بەڵام وەك کوللە خاکەکە ڕووت دەکەنەوە و
دەفڕن.
١٧ پاسەوانەکانت وەك کوللەن،
ئەفسەرەکانت وەك ڕەوە کوللەن،
کە لە ڕۆژێکی سارد لەسەر دیوار هەڵنیشتوون،
بەڵام کە خۆر هەڵهات دەفڕن،
کەس نازانێ بەرەو کوێ چوون.
١٨ ئەی پاشای ئاشور، شوانەکانت خەوتن،
گەورە پیاوانت پاڵکەوتن پشوو بدەن.
گەلەکەت لەسەر چیاکان پەرتەوازە بوون،
کەس نییە کۆیان بکاتەوە.
١٩ شکانەکەت ناگیرێتەوە،
برینەکەت سارێژ نابێت.
هەموو ئەوانەی هەواڵی تۆ دەبیستن
لە خۆشیدا چەپڵە لێ دەدەن،
چونکە کێ نەیچێشتووە
خراپەی بەردەوامی تۆ؟

[a] ١٣ شمشیر، پارچە دارێك بووە لە جیاتی قوفڵ لە دواوەی دەرگا بە شێوەی ئاسۆیی دانراوە بۆ داخستنی دەرگا.

# حەبەقوق

**کورتە باسێك**

**خۆشی و ئارامیت هەبێت لەنێو جیهانی ستەمکار، بە متمانە بوون بە خودایەك کە دڵسۆزە لە بەڵێنەکانی بۆ گەلەکەی خۆی و هەروەها بەزاندنی خراپە.**

حەبەقوق لە ساڵانی کۆتایی وێرانبوونی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٥٨٦ پ. ز. دەرکەوت، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەم بە چاوی پێشبینی ئەو سزایەی بینی کە بەسەر یەهودا دێت، بە دڵگرانییەوە پرسی: بۆچی خودا ڕێ دەدات خراپە بەسەر یەهودا بێت؟ چۆن خودا ڕازی دەبێت کە نەتەوەیەکی بتپەرستی وەك بابلییەکان بۆ سزادانی یەهودا بەکاربهێنێت لەسەر خراپەکانیان؟ خودا وەڵامی نیگەرانییەکەی حەبەقوقی دایەوە و زیاتر لەوەی بۆ ئاشکرا کرد کە داوای دەکرد، بینینی پێ بەخشی. ئەو بینینە نوێیە بۆ ناسینی خودایە، هەروەها دەرکەوتنی کەموکوڕی پێغەمبەرە بەرامبەر بە تەواوی خودا، ئازایەتی پێ بەخشی بۆ بەرگەگرتنی ئازارەکانی ئەو ڕۆژە ڕەشە.

باڵادەستیی خودا و لاوازی مرۆڤ بۆ ئەوەی پشت بە خودا ببەستێ تەوەری سەرەکی ئەم پەڕتووکەن. خودا جڵەوی هەموو نەتەوەکانی لە دەستە، بەو ئاراستەیەیدا دەبات کە بە باشی دەزانێت. لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ متمانە بە خودا بکات، نەك گومان لە دادپەروەرییەکەی بکات *(٤:٢)*. کاتێك مرۆڤ ئەو هەڵوێستە دەگرێتەبەر ئەو کاتە دەتوانێ تەماشای دیمەنە دوورەکان بکات و لە واتای ڕاستەقینەی قووڵتری خودا ڕابمێنێت، توانای بەرگەگرتنی بارودۆخەکانی دەبێت هەرچەندە قورس بن. ئێمە نازانین بەیانی چی بۆ ئامادە کردووین، بەڵام خودا داهاتوومان دەزانێت، پێویستە ئێمە بە تەواوی پشتی پێ ببەستین.

١ ئەو سروشەی[a] کە بۆ حەبەقوقی پێغەمبەر هات.

## سکاڵای حەبەقوق

[٢] ئەی یەزدان، هەتا کەی هانات بۆ بهێنم و
تۆش گوێ ناگریت؟
هەتا کەی لە دەست ستەم هاوارت بۆ دەهێنم و
تۆش ڕزگار ناکەیت؟
[٣] بۆ چی ناڕەواییم پیشان دەدەیت؟
بۆ چی بەرگەی خراپە دەگریت؟
وێرانکردن و ستەم لەبەردەممە،
ناکۆکی و ڕکابەری سەرهەڵدەدات.
[٤] لەبەر ئەوە تەورات لەکارخراوە و
دادپەروەری قەد سەرکەوتوو نابێت.
خراپەکار گەمارۆی کەسی ڕاستودروستی دا،
لەبەر ئەوە دادپەروەری دەشێوێنرێت.

## وەڵامی یەزدان

[٥] «تەماشای نەتەوەکان بکەن و سەرنج بدەن،
بە تەواوی سەرسام بن،
چونکە لە سەردەمی ئێوەدا کارێکی وا دەکەم،
ئەگەر باس بکرێت باوەڕ ناکەن.
[٦] چونکە من بابلییەکان[b] هەڵدەستێنمەوە،
گەلێکی دڵڕەق و بە پەلە،
بە فراوانی زەوی ڕێگای گرتووەتەبەر،
بۆ داگیرکردنی ئەو نشینگانەی کە هی خۆی نییە.
[٧] تۆقێنەر و ترسێنەرە،

[a] ١ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

[b] ٦ عیبری: کلدانییەکان؛ لەژێر سەرکردایەتی نەبوخودنەسری دووەم بوون.

خۆیان حوکم دادەنێن و
شکۆی خۆیان دەسەپێنن.
[٨] ئەسپەکانیان لە پڵنگ بەتاوترن و
لە گورگی ئێواران توندوتیژترن،
سوارەکانی بە پڕتاوی
لە دوورەوە دێن،
وەك هەڵۆیەکی بە پەلە بۆ خواردن دەفڕن.
[٩] هەموو بۆ ستەمکاری دێن،
ئاپۆرەکەیان وەك بای ڕۆژهەڵات پەرەوپێش
دەچێت،
وەك لم دیل کۆدەکەنەوە.
[١٠] گاڵتە بە پاشایان دەکەن و
میران دەکەنە گاڵتەجاڕ،
بە هەموو شارێکی قەڵابەند پێدەکەنن،
خۆڵ دەکەنە گرد و دەیگرن.
[١١] ئینجا وەك با هەڵدەکەن و دەڕۆن،
تاوانبارن، هێزی خۆیان دەپەرستن.»

## دووەم سکاڵای حەبەقوق

[١٢] ئەی یەزدان، ئایا تۆ لە ئەزەلەوە نیت؟
خودای من، پیرۆزەکەم، تۆ هەرگیز نامریت.
ئەی یەزدان، بابلییەکانت بۆ جێبەجێکردنی
حوکمەکانت دانا،
ئەی تاشەبەرد، ئەرکی سزادانت بەوان
سپاردووە.
[١٣] چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن،
ناتوانیت بەرگەی خراپەکاری بگریت.
کەواتە بۆچی بەرگەی ناپاکەکان دەگریت؟
بۆچی بێدەنگ دەبیت کاتێك بەدکار کەسێکی
لە خۆی ڕاستودروستتر قووت دەدات؟
[١٤] مرۆڤ وەك ماسی دەریا لێدەکەیت،
وەك بوونەوەری ئاوی کە فەرمانڕەوای نییە.
[١٥] دوژمنی خراپەکار بە قولاپەکەی هەمووان
سەردەخات،
بە تۆڕەکەی ڕاویان دەکات،
لەناو تۆڕەکەی کۆیان دەکاتەوە،
لەبەر ئەوە شاد و دڵخۆشە.
[١٦] هەر لەبەر ئەوەش قوربانی بۆ تۆڕەکەی
سەردەبڕێت و
بخووری بۆ دەسووتێنێت،
چونکە بەهۆی تۆڕەکەیەوە خۆش ڕادەبوێرێت و
خواردنەکەی چەورە.
[١٧] هەتا کەی بەردەوام دەبێ لەوەی بە تۆڕەکەی
ڕاو بکات،
بە بێ بەزەیی نەتەوەکان لەناوببات؟

٢ لە خاڵی چاودێریکردنەکەم دەوەستم و
سەردەکەومە سەر قوولەی چاودێری،
چاوەڕێ دەکەم تاکو بزانم یەزدان چیم پێ
دەڵێت و
بۆ وەڵامی ئەو سکاڵایە چی بڵێم.

## وەڵامی یەزدان

[٢] ئینجا یەزدان وەڵامی دامەوە و فەرمووی:

«سروشەکە[a] بنووسەوە و
لەسەر تابلۆ هەڵیبکۆڵە،
تاکو پەیامنێر بە دروستی پەیامەکە بگەیەنێت.
[٣] چونکە سروشەکە بۆ کاتی دیاریکراوە،
باسی کۆتایی دەکات و
درۆ ناکات.
ئەگەر درێژەی کێشا چاوەڕێی بکە،
چونکە بێگومان دێت و دواناکەوێت.

[٤] «تەماشا، دوژمن[b] خۆی گف کردووەتەوە،
ئارەزووەکانی ڕەوا نییە،
بەڵام کەسی ڕاستودروست بە باوەڕی خۆی
دەژیێت.
[٥] لە ڕاستیدا شەراب فریوی دەدات،
لەخۆباییە و هەرگیز هێور نابێتەوە،
چونکە وەك گۆڕ ئارەزووی بەرفراوانە،

[a] ٢ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.
[b] ٤ مەبەستی لە بابلییەکانە بڕوانە ١:١٣،١٥.

وەك مردنە، هەرگیز تێر نابێت،
هەموو نەتەوەکان بۆ خۆی کۆدەکاتەوە و
هەموو گەلان بە دیل دەگرێت.

٦«ئایا گەلەکان پەند و توانج لەو ناگرن، دەڵێن:

«”قوڕبەسەر ئەوەی شتی دزراو کەڵەکە دەکات و
بە ستەمکاری خۆی دەوڵەمەند دەکات!
ئەو دۆخە هەتا کەی بەردەوام دەبێت؟“
٧ئایا قەرزدەرەکانت کتوپڕ لێت ڕاستنابنەوە؟
ئایا بەئاگا نایێن و ناتلەقێنن؟
ئینجا دەبیتە دەستکەوت بۆیان.
٨چونکە تۆ چەندین نەتەوەت تاڵان کرد،
ئەو گەلانەی کە ماونەتەوە تۆ تاڵان دەکەن،
لەبەر ئەوەی تۆ خوێنی مرۆڤت ڕشت،
تۆ خاك و شار و هەموو دانیشتووانەکەیت
وێران کرد.

٩«قوڕبەسەر ئەوەی دەستکەوتی ناڕەوا بۆ
ماڵەکەی بەدەستدەهێنێت و
هێلانەکەی لە بەرزایی دادەنێت،
تاکو لە چنگی خراپە دەرباز بێت!
١٠پیلانی ڕیشەکێشکردنی گەلانێکی زۆرت گێڕا،
شەرمەزاریت هێنایە سەر ماڵەکەت و خۆتت
دۆڕاند.
١١لەبەر ئەوە بەرد لەناو دیوارەوە هاوار دەکات و
کاریتەش لە دارەوە دەنگ دەداتەوە.

١٢«قوڕبەسەر ئەوەی بە خوێنڕشتن شار بنیاد دەنێت و
بە ستەمکاری شارۆچکە دادەمەزرێنێت.
١٣ئایا ئەوە لەلایەن یەزدانی سوپاسالارەوە نییە
کە ماندووبوونی گەلان تەنها بۆ ئاگر بێت،
شەکەتبوونی نەتەوەکان بێ سوود بێت؟
١٤چونکە زەوی پڕ دەبێت لە زانینی شکۆمەندی
یەزدان،
هەروەك ئاو دەریا دادەپۆشێت.

١٥«قوڕبەسەر ئەوەی شەراب دەرخواردی
نزیکەکەی دەدات،
هەتا سەرخۆش دەبێت لە مەشکەکەوە بۆی
تێدەکات،
تاکو جەستەیان بە ڕووتی ببینێت.
١٦تێردەبیت لە شەرمەزاری لە جیاتی شکۆمەندی.
ئێستا نۆرەی تۆیە! بینۆشە و ڕووت ببەوە،
جامی دەستە ڕاستی یەزدان دێتە سەر تۆ،
شەرمەزاریش شکۆی تۆ دادەپۆشێت.
١٧ئەو ستەمەی لە لوبنانت کرد بەسەرت دێتەوە،
لەناوبردنی ئاژەڵەکانی دەتترسێنێت.
لەبەر ئەوەی تۆ خوێنی مرۆڤت ڕشت،
تۆ خاك و شار و هەموو دانیشتووانەکەیت
وێران کرد.

١٨«ئەو بتەی کە دەتاشرێت چ کەڵکێکی هەیە؟
یان ئەو پەیکەرە لەقاڵبدراوەی خەڵکی فێری
درۆ دەکات؟
چونکە دروستکەرەکەی پشتی پێ دەبەستێت،
بتێکی دروستکردووە ناتوانێت قسە بکات.
١٩قوڕبەسەر ئەوەی بە تەختەدار دەڵێت: ”هەستە!“
بە بەردی بێ هەست و نەست: ”بە ئاگابە!“
ئایا دەتوانێت ڕێنمایی بکات؟
بە زێڕ و زیو ڕووکەش کراوە،
ڕۆحی تێدا نییە.»

٢٠بەڵام یەزدان لەناو پەرستگای پیرۆزیدایە،
با هەموو دانیشتووانی زەوی لەبەردەمیدا
بێدەنگ بن.

## نوێژێکی حەبەقوق

٣ نوێژێکی حەبەقوقی پێغەمبەر. لەسەر ئاوازی «شگیانۆت»:

٢ئەی یەزدان، هەواڵی تۆم بیست،
ئەی یەزدان، لە کارەکانت ترسام،
لە سەردەمی ئێمە دووبارەیان بکەوە،
با لە سەردەمی ئێمە بزانرێن،
لە تووڕەییدا بەزەیی بهێنەرەوە یادت!

٣ خودا لە تێمانەوە هات،
پیرۆزەکە لە کێوی پارانەوە هات. [a]
شکۆی ئەو ئاسمانی داپۆشیوە و
ستایشی ئەو زەوی پڕکردووە.
٤ پڕشنگی ئەو وەك تیشکی بەرەبەیانە،
لە دەستیەوە ڕووناکی دەبارێت،
لەوێدا توانای شاردرابووەوە.
٥ پەتا لەپێشیەوە ڕۆیشت،
گرانەتاش لەدوای هەنگاوەکانی ئەو بوو.
٦ ڕاوەستا و زەوی هەژاند،
تەماشای کرد و هەموو گەلەکانی لەرزاند.
چیا دێرینەکان کوتران،
گردە لەمێژینەکان هاتنە خوارەوە،
بەڵام یەزدان جاویدانییە.
٧ چادرەکانی کوشانم لە تەنگوچەڵەمەدا بینی،
ڕەشماڵەکانی میدیان دەلەرزین.

٨ ئەی یەزدان، ئایا جۆشی تووڕەیی تۆ لە
ڕووبارەکان بوو؟
ئایا لە ڕووبارەکان تووڕە بوویت؟
ئایا هەڵچوونی تۆ لە دەریا بوو،
تاکو سواری ئەسپ بیت و
گالیسکەکانت بەرەو سەرکەوتن بچن؟
٩ کەوانەکەی خۆتت ئامادە کرد و
داوای تیرێکی زۆرت کرد.
بە ڕووبارەکان زەویت شەق کردووە،
١٠ چیاکان تۆیان بینی و لەرزین،
لافاوی ئاوەکان تێپەڕین،
قووڵاییەکان دەنگیان هات،
شەپۆلەکانی بەرزبوونەوە.

١١ خۆر و مانگ لە ئاسمان وەستان[b]،
بە بریسکانەوەی تیرە هاوێژراوەکانت،
بە درەوشانەوەی ڕمە پڕشنگدارەکەت.
١٢ بە تووڕەییەوە لەسەر زەوی گەڕایت،
بە تووڕەییەوە نەتەوەکانت وردوخاش کرد.
١٣ بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەت هاتییە دەرەوە،
بۆ ڕزگارکردنی دەستنیشانکراوەکەت.
سەرۆکی وڵاتی بەدکارت وردوخاش کرد،
لە سەرەوە هەتا پێی ڕووتت کردەوە.
١٤ بە تیرەکانی خۆی سەری سەرکردەکانی ئەوت
کونت کرد،
کاتێك هێرشیان هێنا بۆ پەرتەوازەکردنمان،
خۆشیان ئامادە کرد
بۆ ڕاوکردنی ئەو کلۆڵەی خۆی ماتداوە.
١٥ بە ئەسپەکانت بەناو دەریادا ڕێگات گرتەبەر،
ئاوە زۆرەکانت هەژاند.

١٦ بیستم و هەناوم کەوتە خوارەوە،
لەبەر دەنگەکە لێوەکانم لەرزین،
ئێسکەکانم کلۆر بوون،
چۆکم لەرزی.
لەگەڵ ئەوەشدا بە ئارامییەوە چاوەڕێی ڕۆژی
تەنگانەم
بۆ ئەو نەتەوانەی هێرشیان هێنایە سەرم.
١٧ لەگەڵ ئەوەی دار هەنجیر گوڵ ناکات و
دار مێوەکان هێشووە ترێیان نییە،
لەگەڵ ئەوەی دار زەیتوون بەر ناگرێت و
کێڵگەکان خواردن بەرهەم ناهێنن،
لەگەڵ ئەوەی مەڕ لە پشتیر[c] دەبڕدرێتەوە و
مانگا لەسەر ئاخوڕ نییە،
١٨ بەڵام من بە یەزدان دڵشاد دەبم،
بە خودای ڕزگارکەرم دڵخۆش دەبم.

١٩ یەزدانی پەروەردگار هێزی منە،
پێیەکانم وەك پێی ئاسك لێدەکات،
توانام پێ دەبەخشێت بچمە سەر بەرزاییەکان.
بۆ سەرۆکی گۆرانیبێژەکان، لەسەر ئامێرە ژێدارەکانم.

[a] ٣ لە دەقی عیبری لێرە و لە ناوەڕاستی ئایەتی ٩ و لە کۆتایی ئایەتی ١٣ ، وشەی سەلاە هەیە کە لەوانەیە ئاماژەیەکە بۆ وەستانی مۆسیقا و خوێندنەوە.
[b] ١١ بڕوانە یەشوع ١٠:١٢-١٤.
[c] ١٧ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

# سەفەنیا

**کورتە باسێك**

**خودا حوکم بەسەر گوناه و هەڵگەڕانەوەی جیهاندا دەدات، بەڵام بەهۆی کەسایەتی و بەڵێنەکانی خودا هیوا هەیە.**

سەفەنیا هاوسەردەمی یەرمیای پێغەمبەر بووە و لە ڕەچەڵەکێکی شاهانە بوو، بەر لە ساڵی ٦٢١ پ. ز. ئەم پەڕتووکەی بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز نووسیوەتەوە. سەفەنیا پێغەمبەرێك بوو لە شانشینی یەهودا، لە سالانی کۆتایی ئەو شانشینە، بەر لە وێرانبوونی لە ساڵی ٥٨٦ پ. ز. ئەو کاتە یۆشیا پاشای یەهودا بوو. جاڕدانەکەی سەفەنیا کاریگەری هەبوو لەسەر هەندێك چاکسازی پاشا لە ساڵی ٦٢١ پ. ز. هەرچەندە ئەو چاکسازییانە بەگوێرەی پێویست نەبوون. هەروەها لە کاتی پێویست دواکەوت، دیسان خەڵکی لە گوناه نغرۆ بوون، ئیتر شاری ئۆرشەلیم کەوتە ژێر دەستی بابلییە داگیرکەرەکان. پەیامەکەی سەفەنیا زۆر توند بوو، سزای داپەروەرانەی خودای ڕادەگەیاند. پێشبینییەکانی سەفەنیا تەنها لەسەر شانشینی یەهودا نەبوو، بەڵکو باسی شانشینەکانی دەوروبەریش بوو کە ئەوانیش ئازاری حوکمی خودا و سزاکەی دەچێژن.

خەڵکی یەهودا هیوایان وابوو کە لە ڕۆژی حوکمدانی خودا، سەرباری ئەو گوناهانەی کردوویانە خودا لەگەڵیان دەبێ، خودا تووڕەییەکەی بە دوژمنەکانیان هەڵدەڕێژێ. بەڵام سەفەنیا بە ڕوونی پێی گوتن کاتێك خودا سزای گوناهباران دەدات ئەوانەی زانیارییان زیاترە سزاکەیان گەورەتر دەبێت. سزادان لە یەهودا دەستپێدەکات و بە نەتەوەکانی دیکە کۆتایی دێت. بەڵام ئەگەر گەلی یەهودا بە هەموو دڵیانەوە تۆبە بکەن خودا سزایان نادات، بەڵکو ژیان و بەرەکەتیان پێ دەبەخشێ.

١ پەیامی یەزدان بۆ سەفەنیای کوڕی کووشی کوڕی گەدەلیاهوی کوڕی ئەمەریای کوڕی حەزقیا، لە سەردەمی یۆشیای کوڕی ئامۆنی پاشای یەهودا:

### ئاگادارکردنەوە بۆ هاتنی وێرانکاری

٢ «هەمووان لەسەر ڕووی زەوی
بە تەواوەتی دادەماڵم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
٣ «مرۆڤ و ئاژەڵ دادەماڵم،
باڵندەکانی ئاسمان و
ماسییەکانی دەریا دادەماڵم.
بەدکاران تووشی کۆسپ دەکەم و
مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی بنبڕ دەکەم.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

### پێشبینییەك سەبارەت بە یەهودا

٤ «دەستم بۆ سەر یەهودا و
بۆ سەر هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم درێژ دەکەم.
ئەو بەعل پەرستانەی ماونەتەوە لەم شوێنە
بنبڕیان دەکەم،
ناوی کاهینە بتپەرستەکان و کاهینە هەڵگەڕاوەکان،
٥ ئەوانەی لە سەربانەکان کڕنۆش دەبەن
بۆ ئەستێرەکانی ئاسمان،
ئەوانەی کڕنۆش دەبەن و سوێند بە یەزدان دەخۆن،
هەروەها سوێند بە مۆلەخیش[a] دەخۆن،

[a] ٥ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، بۆ پەرستنی هەستاون بە تێپەڕاندنی مندالەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم هەواڵی ڕۆژان ٣:٢٨.

٦ لەگەڵ ئەوانەی لە یەزدان هەڵگەڕاونەتەوە و
ئەوانەی ڕوو لە یەزدان ناکەن و پرسیاری لێ
ناکەن.»
٧ لەبەردەم یەزدانی باڵادەست بێدەنگ بە،
چونکە ڕۆژی یەزدان[a] نزیکە،
چونکە یەزدان قوربانی ئامادە کردووە
بانگکراوانی خۆی تەرخان دەکات.
٨ لە ڕۆژی قوربانی یەزدان
میران سزا دەدەم
هەروەها کوڕانی پاشا و
هەموو ئەوانەی جلوبەرگی نامۆیان لەبەرە.
٩ لەو ڕۆژەدا هەموو ئەوانە سزا دەدەم
کە خۆیان لەوە دەپارێزن پێ لە سەکۆی
دەروازەکە بنێن،[b]
ئەوانەی پەرستگای خوداوەندەکانیان پڕ دەکەن
لە ستەم و فێڵبازی.
١٠ یەزدان دەفەرموێت: «لەو ڕۆژەدا،
دەنگی هاوار لە دەروازەی ماسی
بەرزدەبێتەوە،
ناڵەناڵ لە ”گەڕەکی نوێ“ دێت،
دەنگی تێکشکانێکی گەورەش لە گردەکانەوە.
١١ ئەی دانیشتووانی ناوچەی مەکتیش[c] بناڵێنن،
هەموو بازرگانەکانتان لەناودەچن،
هەموو بازرگانەکانی زیو بنبڕ دەکرێن.
١٢ لەو سەردەمەدا، بە چرا ئۆرشەلیم دەپشکنم و
ئەو کەسانە سزا دەدەم کە لەخۆڕازین،
ئەوانە وەك شەرابن بەسەر خڵتەکەیەوە،
لە دڵی خۆیاندا دەڵێن:
”یەزدان نە چاکە دەکات و نە خراپە.“
١٣ ئەوانە سامانیان تاڵان دەکرێت،
ماڵیان وێران دەبێت.
ماڵ بنیاد دەنێن و
تێیدا دانانیشن؛
ڕەز دەچێنن و
لە شەرابەکەی ناخۆنەوە.

## ڕۆژی گەورەی یەزدان

١٤ «ڕۆژی گەورەی یەزدان نزیکە،
نزیکە و زۆر بە پەلەیە.
هاواری ڕۆژی یەزدان تاڵ دەبێت،
پاڵەوانە مەزنەکە نەعرەتەی جەنگ دەکێشێت.
١٥ ئەو ڕۆژە ڕۆژی تووڕەییە،
ڕۆژی تەنگانە و ئازارە،
ڕۆژی کاولبوون و وێرانییە،
ڕۆژی تاریکی و ئەنگوستەچاوە،
ڕۆژی هەور و تەمی چڕە،
١٦ ڕۆژی کەڕەنا لێدان و نەعرەتەی جەنگە
لە دژی شارە قەڵابەندەکان و
لە دژی قوللە بەرزەکان.
١٧ «تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنم،
وەك کوێر بە پەلکوتان دەڕۆن،
چونکە دەرهەق بە یەزدان گوناهیان کرد.
ئینجا خوێنیان وەك خۆڵ دەڕژێت و
هەناویشیان وەك زبڵ.
١٨ نە زیو و نە زێڕەکەیان
ناتوانن دەربازیان بکەن،
لە ڕۆژی تووڕەیی یەزدان.
«بە ئاگری ئیرەییەکەی[d]
هەموو زەوی هەڵدەلووشێت،
چونکە لەناوچوونێکی کتوپڕ دروستدەکات
بۆ هەموو دانیشتووانی زەوی.»

٢
ئەی نەتەوە بێ شەرمەکە،
خۆت کۆبکەرەوە، خۆت کۆبکەرەوە،
٢ بەر لەوەی کاتی دیاریکراوتان لەدەست بچێت،

[a] ٧ ڕۆژی سزادانی گوناهباران و ڕزگارکردنی گەلی خودا.
[b] ٩ باز دەدەن: نەریتێکی بتپەرستانە، بڕوانە یەکەم ساموئێل ٥:٥.
[c] ١١ گەڕەکێك بووە لەناو بازاڕی گەورەی ئۆرشەلیم.
[d] ١٨ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە بتپەرستی، چونکە خودا دەیەوێت تەنها ئەو بپەرسترێت.

بەر لەوەی ئێوە وەك پوشوپەڵاشی بەردەم
باتان بەسەربێت،
پێش ئەوەی گڕی تووڕەیی یەزدان بێتە سەرتان،
پێش ئەوەی ڕۆژی تووڕەیی یەزدان بێتە
سەرتان.
٣ ئەی هەموو بێفیزەکانی سەر زەوی، ڕوو لە
یەزدان بکەن،
ئێوە ئەوانەی حوکمەکانی ئەو جێبەجێ
دەکەن.
داوای ڕاستودروستی بکەن، داوای بێفیزی بکەن،
بەڵکو لە ڕۆژی تووڕەیی یەزدان دابپۆشرێن.

## سەبارەت بە فەلەستیە

٤ غەزە چۆڵ دەکرێت و
ئەسقەلان وێران دەبێت،
ئەشدۆد لە نیوەڕۆدا کاول دەکرێت و
عەقرۆنیش ڕیشەکێش دەکرێت.
٥ قوڕبەسەر دانیشتووانی کەناری دەریا،
نەتەوەی کریتییەکان!
فەرمایشتی یەزدان لە دژی ئێوەیە،
ئەی کەنعان، خاکی فەلەستییەکان،
یەزدان دەفەرموێت: «لەناوت دەبەم،
کەست ناهێڵمەوە.»
٦ کەناری دەریاش دەبێتە لەوەڕگا،
دەبێتە شوێنی شوانەکان، بۆ پشتیری[a] مەڕ.
٧ دەبێتە موڵکی پاشماوەی بنەماڵەی یەهودا،
لەسەری دەلەوەڕێنن،
ئێواران لە ماڵەکانی ئەسقەلان لادەدەن،
چونکە یەزدانی پەروەردگاریان بەسەریان
دەکاتەوە،
ڕاپێچکراوەکانیان دەگەڕێنێتەوە.

## سەبارەت بە مۆئاب و عەمۆن

٨ «گوێم لە جنێوەکانی مۆئاب و
قەشمەرییەکانی عەمۆنییەکان بوو،
ئەوانەی جنێویان بە گەلەکەم دا و
هەڕەشەیان لە خاکەکەیان کرد.»
٩ یەزدانی سوپاسالار، خودای ئیسرائیل
دەفەرموێت:
«بە گیانی خۆم، لەبەر ئەوە
بێگومان مۆئاب وەك سەدۆمی لێدێت،
عەمۆنییەکانیش وەك عەمۆرا،
هەتاهەتایە دەبێتە شوێنی گەزگەزکە و
چاڵی خوێ و وێرانییە.
پاشماوەی گەلەکەم تاڵانیان دەکەن و
پاشماوەی نەتەوەکەم دەبنە میراتگری
خاکەکەیان.»

١٠ لە بەرامبەر لووتبەرزییان ئەمەیان بەسەردێت،
لەبەر جنێودان و سووکایەتییان بە گەلی
یەزدانی سوپاسالار.
١١ یەزدان ترسناك دەبێت بۆیان،
چونکە هەموو خوداوەندەکانی سەر زەوی
تێکدەشکێنێت.
هەموو خەڵك هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە
کڕنۆشی بۆ دەبەن،
هەریەکە و لە خاکەکەی خۆی.

## سەبارەت بە کوش

١٢ «ئێوەش ئەی کوشییەکان[b]،
بە شمشێری من دەکوژرێن.»

## سەبارەت بە ئاشور

١٣ دەستی بۆ باکوور درێژ دەکات و
ئاشوریش لەناودەبات،
نەینەوا وێران دەکات
وەك بیابان وشك دەبێت.
١٤ ئینجا لەوێدا مێگەلەکان خۆیان دەکێشنەوە،
هەموو جۆرە ئاژەڵێك.

[a] ٦ پشتیر: گەوڕ، شوێنێکی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ.

[b] ١٢ کوش وڵاتێك بووە لە سەرووی ڕووباری نیل.

هەم کوندەپەپووی بیابان و هەم بایەقووش،
لەسەر ستوونەکانی شەو بەسەردەبەن،
لە پەنجەرەکانیەوە دەنگیان دێت،
کاول بوون لە بەردەرگایە
چونکە دار ئورزەکانی ڕووت کراونەتەوە.
١٥ ئەمە شارە دڵخۆشەکەیە
کە لە ئاسوودەییدا دەژیا.
ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەیگوت:
«تەنها من، کەسی دیکە هاوتای من نییە.»
ئاخ، چۆن وێران بوو،
لانەی گیانلەبەران!
هەموو ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕن گاڵتەی پێ
دەکەن و
فیکە لێدەدەن.

## داهاتووی ئۆرشەلیم

٣ قوڕبەسەر شاری ستەمکارەکان
ئەوەی یاخی بووە و گڵاوە!
٢ گوێی لە کەس نەگرت،
تەمبێ نەبوو،
پشتی بە یەزدان نەبەست،
لە خودای خۆی نزیك نەبووەوە.
٣ میرەکانی ناوەڕاستی شێرن دەنەڕێنن،
دادوەرەکانی گورگی ئێوارانن،
هیچ بۆ بەیانی ناهێڵنەوە.
٤ پێغەمبەرەکانی لەخۆبایین،
خەڵکانێکی ناپاکن،
کاهینەکانی پیرۆزگایان گڵاو کردووە،
تەوراتیان پێشێل کردووە.
٥ یەزدان لەو شارەدا ڕاستودروستە،
ناڕەوایی ئەنجام نادات.
بەیانییان دادپەروەرییەکەی پەیڕەو دەکات،
کەموکوڕی تێدا نییە،
بەڵام ستەمکار واتای سەرشۆڕی نازانێت.

## تۆبەنەکردنی ئۆرشەلیم

٦ «نەتەوەکانم ڕیشەکێش کرد،
قەڵاکانیان وێران بوون،
شەقامەکانی ئەوانم چۆڵ کرد،
بەبێ ڕێبوارن،
شارەکانیان وێران کران،
بەبێ مرۆڤن، بێ دانیشتووان.
٧ ئینجا فەرمووم:
”بێگومان ئیتر لێم دەترسیت و
تەمبێ دەبیت!“
هەتا نشینگەکەی ڕیشەکێش نەکرێت،
هەموو سزای خۆم بەسەریدا ناسەپێنم.
بەڵام چالاك بوون
لە گەندەڵکردنی هەموو کردەوەکانیان.»
٨ یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە چاوەڕێم
بکەن،
هەتا ئەو ڕۆژەی هەڵدەستم بۆ شایەتیدان،
چونکە بڕیارم دا نەتەوەکان کۆبکەمەوە،
پاشایەتییەکان خڕبکەمەوە،
هەتا هەڵچوونم بەسەریاندا هەڵڕێژم،
هەموو گڕی تووڕەییم،
بە ئاگری ئیرەییم
هەموو زەوی هەڵدەلووشێت.

## چاکسازی پاشماوەی ئیسرائیل

٩ «ئینجا لێوی هەموو گەلان پاك دەکەمەوە،
هەتا هەموویان بە ناوی یەزدانەوە نزا بکەن،
تاکو هاوشانی یەکتر خزمەتی بکەن.
١٠ لەوبەری ڕووبارەکانی کوشەوە
ئەوانەی دەمپەرستن، گەلە پەرتوبڵاوکراوەکەم،
دیارییەکانم پێشکەش دەکەن.
١١ لەو ڕۆژەدا بەهۆی کردەوەکانت سەرشۆڕ نابیت
کە پێیان لە من یاخی بوویت،
چونکە من لەم شارە دایاندەماڵم،
ئەوانەی بە لووتبەرزییان دڵخۆشن.

ئیتر ناگەڕێیتەوە بۆ سەر لووت بەرزی
لە کێوی پیرۆزم.
١٢ بەڵام گەلێکت تێدا دەهێڵمەوە
سادە و ساکار،
پشت بە ناوی یەزدان دەبەستێت.
١٣ پاشماوەی ئیسرائیلیش چیدی خراپە ناکەن،
درۆ ناکەن،
لە دەمیاندا زمانی هەڵخەڵەتێنەر نامێنێت،
چونکە بە ئاسوودەیی دەخۆن و ڕادەکشێن،
کەسیش نییە بیانترسێنێت.»

١٤ سییۆنی کچ گۆرانی بڵێ،
ئەی ئیسرائیل، هاواری خۆشی بکە!
بە هەموو دڵتەوە شادمان و دڵخۆشبە،
ئەی ئۆرشەلیمی کچ!
١٥ یەزدان سزاکەی تۆی داماڵی،
دوژمنەکەت کشایەوە.
یەزدان، پاشای ئیسرائیل، لەگەڵ تۆیە،
جارێکی دیکە لە خراپە ناترسیت.
١٦ لەو ڕۆژەدا بە ئۆرشەلیم دەگوترێت:
«ئەی سییۆن مەترسە،
دەستت شل مەکە.
١٧ یەزدانی پەروەردگارت لەگەڵتدایە،
لە ڕزگارکردن قارەمانە.
بە شادییەوە پێت دڵخۆش دەبێت،
لەناو خۆشەویستییەکەی دەتبووژێنێتەوە،
بە گۆرانییەوە پێت شاد دەبێت.»

١٨ «ئەوانەی بۆ نەمانی جەژن دەگریێن
لە تۆ دایاندەماڵم،
لەمەودوا شەرمەزاری هەڵناگریت.
١٩ لەو کاتەدا من سزایان دەدەم
هەموو ئەوانەی زەلیلیان کردیت؛
شەلەکە ڕزگار دەکەم و
ئەوانەی دوورخراوبوونەوە کۆیان دەکەمەوە.
ستایش و ناوبانگیان پێ دەبەخشم
لە هەموو خاکێك کە شەرمەزار بوون.
٢٠ لەو کاتەدا کۆتان دەکەمەوە،
لەو کاتەدا دەتانگەڕێنمەوە خاکی خۆتان.
ستایش و ناوبانگتان پێ دەبەخشم
لەنێو هەموو گەلانی زەوی،
کاتێك ڕاپێچکراوەکانتان و بەختیاریتان
لەبەرچاوتان دەگەڕێنمەوە.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

# حەگەی

## کورتە باسێك

**بنیادنانەوەی پەرستگای یەزدان شکۆمەندی یەزدان زیاتر دەکات.**

ئەم پەڕتووکە بە ڕێنمایی خودا لە نزیکەی ساڵی ٥٢٠ پ. ز. نووسراوەتەوە. حەگەی هاوسەردەمی زەکەریای پێغەمبەر بوو، خودا بۆ ئەوە ناردی هەتا هانی ئەوانە بدات کە لە ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی بنیادنانی پەرستگا. حەگەی و زەکەریا پەیامەکانیان ئاراستەی زروبابل و یەشوعی کاهین دەکرد کە سەرکردەی گەل بوون. ئەم پەڕتووکە پێنج پێشبینی لەخۆدەگرێت بە ئامانجی هاندانی خەڵك لەسەر پەلەکردن لە تەواوکردنی کارەکە. ئەو پەیامانە کاریگەری پێویستیان هەبوو. دووبارە دروستکردنەوەی پەرستگا لە ساڵی ٥١٦ پ. ز. تەواو بوو.

ئەم پەڕتووکە بۆمان دەردەخات کە خودا چەند گرنگی بە گەلەکەی خۆی دەدات، هەروەها چەندە حەز دەکات لە لایەنی ڕۆحییەوە گەشە بکەن. گەل کاری بنیادنانی پەرستگایان ڕاگرت و بە کاری تایبەتی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام خودا ویستی کە کاری بنیادنانی پەرستگا تەواو بکەن بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی خواپەرستی بۆ هەموو گەل. خودا سنوورێکی بۆ سکاڵای گەل دانا کە دەیانگوت پەرستگایە نوێیەکە بەقەد پەرستگایە کۆنەکە پیرۆز نابێت، کاتێك بەڵێنی دا کە پڕی بکات لە شکۆی خۆی.

### بانگەواز بۆ بنیادنانەوەی ماڵی یەزدان

١ لە یەکی مانگی شەشی ساڵی دووەمی
داریوشی پاشا فەرمایشتی یەزدان لە ڕێگەی
حەگەی پێغەمبەرەوە بۆ زروبابلی کوڕی شەئەلتیێلی
فەرمانڕەوای یەهودا و بۆ یەشوعی کوڕی
یەهۆچاداقی سەرۆك کاهین هات و فەرمووی:
[٢] یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «ئەم گەلە
گوتیان: ”هەتا ئێستا کاتی بنیادنانەوەی ماڵی یەزدان
نەهاتووە.“»
[٣] ئینجا فەرمایشتی یەزدان لە ڕێگەی حەگەی
پێغەمبەرەوە هات: [٤] «ئایا دەگونجێ کە لە ماڵە
ڕازاوەکەتان دابنیشن، بەڵام ئەم ماڵە وێرانە؟»
[٥] ئێستاش یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:
«لە کردەوەکانتان ڕابمێنن. [٦] زۆرتان چاند، بەڵام کەم
هات. خواردتان، بەڵام تێر نەبوون. خواردتانەوە،
بەڵام تینووێتیتان نەشکا. بەرگتان پۆشی، بەڵام گەرم
نەبوونەوە. کرێگرتەش کرێ وەردەگرێت، بەڵام
دەیخاتە گیرفانێکی دڕاو.»
[٧] یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «لە
کردەوەکانتان ڕابمێنن. [٨] سەربکەونە سەر چیا
و دار بهێنن و ماڵەکەی من بنیاد بنێن، لێی ڕازی
دەبم و شکۆدار دەبم. [٩] چاوەڕێی زۆرتان کرد، بەڵام
کەم هات. ئەوەی ئێوە هێناتانە ماڵەوە، فووم لێی
کرد. لەبەر چی؟ لەبەر ماڵەکەم، ئەوەی کە وێرانە،
ئێوەش هەریەکە و بە ماڵەکەی خۆیەوە سەرقاڵە.
[١٠] لەبەر ئەوە ئاسمان شەونمی ڕاگرت و زەویش
بەروبوومی خۆی ڕاگرت. [١١] من وشکەساڵیم بانگکرد
بۆ سەر زەوییەکە و بۆ سەر چیاکان، بۆ دانەوێڵە
و شەرابی نوێ و زەیت، بۆ سەر هەرچی خاکەکە
بەرهەمی دەهێنێت، بۆ سەر مرۆڤ و ئاژەڵ، بۆ سەر
هەموو کارەکانی دەست.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی
سوپاسالارە.

[١٢] ئینجا زروبابلی کوڕی شەئەلتیێل و یەشوعی
کوڕی یەهۆچاداقی سەرۆك کاهین و هەموو
پاشماوەی گەل گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگاریان
و پەیامەکەی حەگەی پێغەمبەر نەبوون کە یەزدانی
خودایان ناردی، گەل لەبەردەم یەزدان ترسان.
[١٣] ئینجا حەگەی نێردراوی یەزدان پەیامەکەی

یەزدانی بە هەموو گەل ڕاگەیاند و گوتی: «یەزدان دەفەرموێت، من لەگەڵتاندام.» [١٤]ئینجا یەزدان ڕۆحی زروبابلی کوڕی شەئەلتیێلی فەرمانڕەوای یەهودای هەژاند لەگەڵ ڕۆحی یەشوعی کوڕی یەهۆچاداقی سەرۆك کاهین و ڕۆحی هەموو پاشماوەی گەل، جا هاتن و کارەکەی ماڵی یەزدانی سوپاسالاری خودای خۆیان ئەنجام دا، [١٥]لە بیست و چواری شەشی ساڵی دووەمی داریوشی پاشا.

## بەڵێنی شکۆمەندی پەرستگای نوێ

٢ لە بیست و یەکی مانگی حەوت، فەرمایشتی یەزدان لە ڕێگەی حەگەی پێغەمبەرەوە هات: [٢]«ئێستا قسە بکە لەگەڵ زروبابلی کوڕی شەئەلتیێلی فەرمانڕەوای یەهودا و یەشوعی کوڕی یەهۆچاداقی سەرۆکی کاهین و پاشماوەی گەل، بڵێ: [٣]”لەوانەی کە ماونەتەوە کامەتان ئەو ماڵەی لە شکۆمەندی یەکەمیدا بینیوە؟ ئەی ئێستا ئێوە چۆن دەیبینن؟ ئایا وەك هیچ نایەتە بەرچاوتان؟“ [٤]یەزدان دەفەرموێت: ”بەڵام ئێستا ئەی زروبابل، بەهێزبە. ئەی یەشوعی کوڕی یەهۆچاداقی سەرۆکی کاهین، بەهێزبە. ئەی هەموو گەلی خاکەکە، بەهێزبن و ئیش بکەن، چونکە من لەگەڵتانم.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە. [٥]”بەپێی ئەو پەیمانەی لەگەڵتاندا بەستم کاتێك لە میسرەوە هاتنە دەرەوە، ڕۆحم لەنێوتاندا ماوە. مەترسن.“

[٦]«یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”پاش کەمێك من جارێکی دیکە ئاسمان و زەوی، دەریا و وشکانی دەهەژێنم. [٧]هەموو گەلان دەهەژێنم و هەموو شتە گرانبەهاکانی گەلان دێن و ئەم ماڵە پڕ لە شکۆ دەکەم.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە. [٨]”زیو بۆ منە، زێڕ بۆ منە.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە. [٩]”شکۆمەندی ئێستای ئەم ماڵە لە شکۆمەندی پێشتری مەزنتر دەبێت. لەم شوێنەدا ئاشتی دەبەخشم.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.»

## بەرەکەت بۆ گەلی گڵاو

[١٠]لە بیست و چواری نۆی ساڵی دووەمی داریوش، فەرمایشتی یەزدان بۆ حەگەی پێغەمبەر هات و فەرمووی: [١١]«یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: ”ئێستا لە کاهینەکان بپرسە تەورات چی دەڵێت: [١٢]ئەگەر کەسێك گۆشتی تەرخانکراوی پیرۆزی بە دامێنی کراسەکەی هەڵگرت و دامێنی بە نان یان چێشت یان شەراب یان زەیت یان هەر خواردنێك کەوت، ئایا ئەم خواردنە پیرۆز دەبێت؟“»

کاهینەکانیش وەڵامیان دایەوە گوتیان: «نەخێر.»

[١٣]ئینجا حەگەی گوتی: «ئەگەر کەسێك بە مردوویێك گڵاو بووبێت، دەست لە یەکێك لەم خواردنانە بدات، ئایا ئەم خواردنە گڵاو دەبێت؟»

کاهینەکان وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «بەڵێ، گڵاو دەبێت.»

[١٤]ئینجا حەگەی وەڵامی دایەوە و گوتی: «یەزدان دەفەرموێت: ”ئەم گەلە و ئەم نەتەوەیە لەبەردەمم ئاوان. هەموو کردەوەکانی دەستیان و ئەوەی لەوێ پێشکەشی دەکەن گڵاوە.

[١٥]«”ئێستاش لەمڕۆوە لە ڕۆژانی ڕابردوو ڕابمێنن: پێش ئەوەی لە پەرستگای یەزدان بەردێك بخرێتە سەر بەردێك. [١٦]لەو ڕۆژانە یەکێکتان دەهاتە سەر خەرمانی گەنم بیست ڕبە ببات، تەنها دە هەبوو. دەهاتە سەر قەڕابەکە تاکو پەنجا قاپی لێ پڕ بکات، تەنها بیست هەبوو. [١٧]بە بای گەرمەسێر و کەڕوو و تەرزە لە هەموو کردەوەکانی دەستتانم دا، بەڵام ئێوە نەگەڕانەوە لام.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. [١٨]”لەم ڕۆژە بەدواوە ڕابمێنن، لە ڕۆژی بیست و چواری مانگی نۆ، لەو ڕۆژەوە کە پەرستگای یەزدان دامەزرا. لێی ڕابمێنن: [١٩]ئایا هێشتا تۆو لە ئەمبارەکانە؟ ئەی مێو و هەنجیر و هەنار و داری زەیتوونیش هێشتا بەریان نەگرتووە؟

«”لەم ڕۆژەوە بەرەکەتدارت دەکەم.“»

## زروبابل ئەنگوستیلەی یەزدانە

[٢٠]دووبارە فەرمایشتی یەزدان بۆ حەگەی هاتەوە،

لە ڕۆژی بیست و چواری مانگی نۆ، فەرمووی:
[21]«قسە لەگەڵ زروبابلی فەرمانڕەوای یەهودا بکە و بڵێ: ”من ئاسمان و زەوی دەهەژێنم. [22]تەختی پاشایەتییەکان وەردەگێڕم و هێزی پاشایەتی نەتەوەکان لەناودەبەم. گالیسکە و سوارەکەی وەردەگێڕم، ئەسپ و سوارەکانیان دەکوژرێن، هەریەکە بە شمشێری براکەی.“

[23]«یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: ”ئەی زروبابلی کوڕی شەئەلتیێلی بەندەی من، لەو ڕۆژەدا دەتبەم و وەك ئەنگوستیلەت لێ دەکەم بۆ خۆم، چونکە تۆم هەڵبژارد.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.»

# زەکەریا

**کورتە باسێک**

**لە کاتی قەیرانی ئابووری و ڕۆحی، پێغەمبەر زەکەریا بانگەوازی کرد بۆ ئەوەی نەوەی نوێ یەکگرتوو بن و پەرتەوازە نەبن. یەزدانی باڵادەست لە پلانیدا هەیە پەرستگا و شار و کۆمەڵگا بنیاد بنێتەوە، بۆ پێشوازیکردن لە پاشای ئۆرشەلیم و هەموو جیهان.**

زەکەریا هاوسەردەمی حەگەی پێغەمبەر بوو، لە ساڵی ٥٢٠ پ. ز. بە ڕێنمایی ڕۆحی خودا ئەم پەڕتووکەی بۆ تۆمار کردووین. خودا ناردی بۆ ئەوانەی کە لە ڕاپێچکراوی و خاکی دیلییێتی گەڕابوونەوە هەتا هانیان بدات بۆ خواپەرستی بەبێ ترس. پەڕتووکەکە بە زنجیرەیەك بینین دەستپێدەکات باسی هێزی خودا و گرنگی هێزەکەی دەکات، چۆن خودا کاریگەری هەیە لەسەر کاروبارەکانی خەڵك، سزای خودا بۆ گوناه، هەروەها بەڵێن بۆ داهاتوو. لەدوای ئەو بینینانە زنجیرەیەك پەیام هەیە و بە شێوەیەکی گشتی باسی سزای داهاتوو دەکات. گرنگترین بەش لەم پەڕتووکە ئەو پێشبینییانەن کە تایبەتن بە هاتنی مەسیح.

تەوەری سەرەکی ئەم پەڕتووکەیە گرنگیدانی خودایە بۆ دابینکردن و چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی گەلەکەی. خودا پارێزگاری و چاکە و هێز و نیعمەتی خۆی بە گەلەکەی و ئەو کەسانە دەبەخشێت کە باوەڕیان پێی هەیە. گرنگترین شت کە پێویستیان پێی هەبوو، پێویستییان بە ناسینی خودا هەبوو بە شێوەیەکی باشتر، شایانی ئەوە بوو کە مەسیا بنێردرێ، عیسای مەسیحی پەروەردگار.

## بانگەوازی گەڕانەوە بۆ لای یەزدان

١ لە مانگی هەشتی ساڵی دووەمی داریوش،
فەرمایشتی یەزدان بۆ زەکەریای پێغەمبەر
کوڕی بەرەخیای کوڕی عیدۆ هات:
٢«یەزدان زۆر لە باوباپیرانتان تووڕە بوو.
٣لەبەر ئەوە بە گەل دەڵێیت: یەزدانی سوپاسالار
ئەمە دەفەرموێت: ”بگەڕێنەوە بۆ لام، منیش
دەگەڕێمەوە بۆ لاتان.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی
سوپاسالارە. ٤وەك باوباپیرانتان مەبن، ئەوانەی
پێغەمبەرەکانی پێشوو پێیان ڕاگەیاندن: یەزدانی
سوپاسالار دەفەرموێت: ”لە ڕەفتارە خراپ و نەریتە
خراپەکانتان بگەڕێنەوە.“ بەڵام گوێیان نەگرت و
سەرنجیان نەدامێ. ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. ٥ئێستا
باوباپیرانتان لەکوێن؟ هەروەها پێغەمبەرەکان، ئایا
هەتاهەتایە دەژین؟ ٦بەڵام فەرمایشت و فەرزەکانم
کە بەندە پێغەمبەرەکانم پێ ڕاسپارد، ئایا بە
باوباپیرانتان نەگەیشت؟
«ئینجا تۆبەیان کرد و گوتیان: ”هەروەك ئەوەی
یەزدانی سوپاسالار مەبەستی بوو پێمانی بکات،
بەپێی ڕەفتار و نەریتەکانمان، ئاوای پێ کردین.“»

## پیاوێك لەنێو دار مۆردەکان

٧لە بیست و چواری یازدە کە مانگی شوباتە لە
دووەم ساڵی داریوش، پەیامی یەزدان بۆ زەکەریای
پێغەمبەر کوڕی بەرەخیای کوڕی عیدۆ هات.
٨لە شەودا بینینێکم بۆ ئاشکرا کرا: لەبەردەمم
پیاوێك سواری ئەسپێکی سوور بووە. پیاوەکە لە
شیوێك لەنێو دار مۆردەکان[a] ڕاوەستاوە، لە پشتییەوە
ئەسپی سوور و زەرد و سپی هەبوو.
٩ئینجا پرسیارم کرد: «گەورەم، ئەمانە چین؟»
ئەو فریشتەیەی کە قسەی لەگەڵم دەکرد
وەڵامی دامەوە: «من پیشانت دەدەم ئەمانە چین.»
١٠ئینجا ئەو پیاوەی لەنێو دار مۆردەکان ڕاوەستا بوو

---

[a] ٨ مۆرد: دارێکە گەڵاکانی بەبریقە و سەوزێکی تۆخە، گوڵی سپی دەگرێت و بۆنی خۆشە، لە بێتلەحم و حەبرۆن هەیە. ئێستا لە ڕۆژهەڵات پێی دەگوترێت (ئاس).

فەرمووی: «ئەمانە ئەوانەن کە یەزدان ناردوونی تاکو بەناو زەویدا بگەڕێن.»

[١١]ئینجا وەڵامی فریشتەکەی یەزدانیان دایەوە ئەوەی لەنێو دار مۆردەکان وەستابوو، گوتیان: «بەناو زەویدا گەڕاین، هەموو زەوی حەساوەتەوە و لە ئارامیدایە.»

[١٢]ئینجا فریشتەکەی یەزدان فەرمووی: «ئەی یەزدانی سوپاسالار، هەتا کەی تۆ بەزەییت بە ئۆرشەلیم و شارۆچکەکانی یەهودا نایەتەوە کە ئەم حەفتا ساڵە لێیان تووڕە بوویت؟» [١٣]یەزدانیش بە قسەی خۆش و دڵدانەوە وەڵامی ئەو فریشتەیەی دایەوە کە قسەی لەگەڵم دەکرد.

[١٤]ئینجا ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵ دەکردم پێی گوتم: «ئەم پەیامە ڕابگەیەنە: یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”خۆشەویستییەکی بێ پایانم[a] بۆ ئۆرشەلیم و سییۆن هەیە. [١٥]زۆریش لەو نەتەوانە تووڕەم کە لەخۆڕازین. من کەمێك تووڕە بووم، بەڵام ئەوان لە سزادانەکە درێژدادڕییان کرد.“

[١٦]«لەبەر ئەوە یەزدان ئەمە دەفەرموێت: ”بە بەزەییەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئۆرشەلیم و لەوێ ماڵەکەم بنیاد دەنرێتەوە. گوریسی پێوانەش بەسەر ئۆرشەلیمدا ڕادەکێشرێت.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[١٧]«هەروەها ڕایبگەیەنە: یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”دیسان شارۆچکەکانم سەرڕێژ دەبن لە خێروخۆشی، یەزدان دووبارە دڵی سییۆن دەداتەوە و ئۆرشەلیم هەڵدەبژێرێتەوە.“»

## چوار قۆچ و چوار پیشەوەر

[١٨]پاشان چاوم هەڵبڕی و بینیم چوار قۆچ لەبەردەمم بوون. [١٩]لەو فریشتەیەم پرسی کە قسەی لەگەڵ دەکردم: «ئەمانە چین؟»

ئەویش وەڵامی دامەوە: «ئەمانە ئەو قۆچانەن کە یەهودا و ئیسرائیل و ئۆرشەلیمیان پەرتوبڵاو کردەوە.»

[٢٠]ئینجا یەزدان چوار پیشەوەری پیشان دام. [٢١]پرسیارم کرد: «ئەمانە هاتوون چی بکەن؟»

ئەویش وەڵامی دامەوە: «ئەمانە ئەو قۆچانەن کە یەهودایان پەرتوبڵاو کردەوە، تاکو کەس نەتوانێت سەری بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەمانە هاتوون تاکو بیانتۆقێنن و قۆچەکانی نەتەوەکان فڕێبدەن، ئەوانەی قۆچیان بەسەر خاکی یەهودا بەرزکردووەتەوە بۆ پەرتوبڵاوکردنی خەڵکەکەی.»

## پیاوێك بە گوریسی پێوانەوە

٢ ئینجا چاوم هەڵبڕی و پیاوێکم لەبەردەمم بینی گوریسی پێوانەی بەدەستەوە بوو. [٢]لێم پرسی: «بۆ کوێ دەچیت؟»

وەڵامی دامەوە: «بۆ پێوانی ئۆرشەلیم، تاکو درێژی و پانییەکەی بزانم.» [٣]لەو کاتەدا ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵ دەکردم هاتە دەرەوە، فریشتەیەکی دیکەش بەرەوپیری هاتە دەرەوە و [٤]پێی گوت: «ڕاکە و بەو گەنجە بڵێ: ”ئۆرشەلیم دەبێتە شارێکی بێ شوورا، لەبەر زۆری خەڵك و ئاژەڵی ماڵی تێیدا. [٥]منیش بۆی دەبمە شوورای ئاگرین لە هەر چواردەوری، دەبمە شکۆ لەناوەڕاستی.“» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٦]یەزدان دەفەرموێت: «هۆی، هۆی! لە خاکی باکوور هەڵێن، چونکە وەك چوار باکەی ئاسمان پەرتەوازەم کردوون.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

[٧]«هۆی، دەرباز بە، ئەی خەڵکی سییۆن کە لە بابل دەژین!» [٨]چونکە یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «لەدوای ئەوەی خودای شکۆدار منی نارد بۆ ئەو نەتەوانەی ئێوەیان تاڵان کرد، چونکە ئەوەی دەستتان لێدەدات، دەست لە بیلبیلەی چاوی دەدات، [٩]بێگومان من دەستیان لێ دەوەشێنم و دەبنە تاڵانی بۆ کۆیلەکانیان. ئینجا دەزانن کە یەزدانی سوپاسالار منی ناردووە.

[١٠]«ئەی دانیشتووانی ئۆرشەلیم، گۆرانی بڵێن و

[a] ١٤ عیبری: زۆر ئیرەدارم. خودا حەسوودی هەیە، ئەمەش بە مەبەستێکی باش هاتووە، چونکە خودا نایەوێت هیچ خودایەکی دیکە بپەرسترێت.

دڵخۆش بن، چونکە من دێم و لەنێوتاندا نیشتەجێ دەبم.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە. ١١«لەو ڕۆژەدا زۆرێك لە نەتەوەکان دێنە پاڵ یەزدان و دەبنە گەلی من. لەنێو ئێوەدا نیشتەجێ دەبم و دەزانن کە یەزدانی سوپاسالار منی بۆ لای ئێوە ناردووە. ١٢یەزدان یەهودا دەکاتە میراتی خۆی، بەشی خۆی لەسەر خاکی پیرۆز، دووبارە ئۆرشەلیم هەڵدەبژێرێتەوە. ١٣ئەی هەموو ئادەمیزاد، لەبەردەم یەزدان بێدەنگ بن، چونکە لە نشینگە پیرۆزەکەیەوە هەستا!»

## بەرگە پاکەکان بۆ سەرۆك کاهین

٣ ئینجا یەشوعی سەرۆك کاهینی پیشان دام کە لەبەردەم فریشتەی یەزدان ڕاوەستابوو، شەیتانیش لەلای دەستە ڕاستیەوە ڕاوەستا بوو تاکو تۆمەتباری بکات. ٢یەزدانیش بە شەیتانی فەرموو: «ئەی شەیتان، یەزدان سەرزەنشتت بکات! ئەو یەزدانەی کە ئۆرشەلیمی هەڵبژارد سەرزەنشتت بکات! ئایا ئەمە مەشخەڵێك نییە لە ئاگرەوە دەرکێشرابێت؟»

٣یەشوع بە بەرگێکی پیس لەبەردەم فریشتەکە ڕاوەستابوو. ٤فریشتەکە بەوانەی فەرموو کە لەبەردەمی ڕاوەستا بوون: «بەرگە پیسەکەی لەبەر داکەنن.»

ئینجا پێی فەرموو: «تەماشا بکە، تاوانەکەتم لەسەرت لابرد و بەرگی گرانبەهام لەبەرکردوویت.»

٥منیش گوتم: «با مێزەرێکی پاك لەسەری بنێن.» ئینجا مێزەرێکی پاکیان لەسەری نا و بەرگیان لەبەرکرد، فریشتەکەی یەزدانیش ڕاوەستا بوو.

٦ئینجا فریشتەکەی یەزدان یەشوعی ڕاسپارد: ٧«یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”ئەگەر ڕێگاکانم بگریتەبەر و کار بە فەرمانەکانی من بکەیت، ئەوا تۆش حوکم لەسەر ماڵەکەم دەکەیت و هەروەها پارێزگاری لە پەرستگاکەم دەکەیت و شوێنێکت دەدەمێ لەنێو ئەمانەی ڕاوەستاون.

٨«”ئەی یەشوعی سەرۆك کاهین، گوێ بگرە، خۆت و کاهینەکانی هاوکارت کە لەبەردەمتدا دانیشتوون، ئێوە نیشانەی چاکەکانی داهاتوون، چونکە من بەندەکەی خۆم دەهێنم، کە ناوی لقەکەیە. ٩تەماشا بکەن، ئەو بەردەی کە لەبەردەم یەشوع دامنا! حەوت چاو لەسەر ئەم بەردە هەیە و من نەخشەکەی لەسەر هەڵدەکۆڵم. لە یەك ڕۆژ تاوانی ئەم زەوییە ڕادەماڵم.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.»

١٠«”لەو ڕۆژەدا، هەریەکە بانگهێشتی هاوڕێکەی دەکات بۆ ژێر دار مێو و ژێر دار هەنجیر.“ ئەوە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.»

## چرادانە زێڕینەکە و دوو دار زەیتوون

٤ ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵ کردم گەڕایەوە و هەڵیستاندم، وەك پیاوێك لە خەو هەستێنرابێت. ٢لێی پرسیم: «چی دەبینیت؟»

وەڵامم دایەوە: «چرادانێك دەبینم هەمووی زێڕە، جامێکیشی لەسەرە، حەوت چرای لەسەر دانراوە، حەوت لقیش بۆ چراکانی سەری دەچێت. ٣هەروەها دوو دار زەیتوونیش لەلاوەیە دەبینم، یەکێکیان لەلای ڕاستی جامەکە و ئەوی دیکەیان لەلای چەپییەتی.»

٤لەو فریشتەیەم پرسی کە قسەی لەگەڵ دەکردم: «گەورەم، ئەمانە چین؟»

٥ئەو لە منی پرسی: «ئایا نازانیت ئەمانە چین؟»

منیش گوتم: «نەخێر، گەورەم.»

٦ئەویش پێی گوتم: «ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بۆ زروبابل و دەڵێت: ”یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت، نە بە هێز و نە بە توانا، بەڵکو بە ڕۆحی من.“[a]

٧«ئەی چیا مەزنەکە، تۆ کێیت؟ لەبەردەم زروبابل تەخت دەبیت. ئینجا بەردی قولینچك دادەنێت، لەنێو هاواری ”پیرۆزە، پیرۆزە!“»

٨پاشان فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات و فەرمووی: ٩«دەستەکانی زروبابل ئەم پەرستگایەیان دامەزراندووە و هەر دەستەکانی ئەویش تەواوی

[a] ٦ مەبەستی لەوەیە کە تەواوکردنی پەرستگا بە هێز و توانای مرۆڤ نییە.

دەکەن. ئەی زروبابل، ئینجا دەزانیت کە یەزدانی
سوپاسالار منی بۆ لای ئێوە ناردووە.
١٠«کێ گاڵتەی بە ڕۆژی کارە بچووکەکان کرد؟
خەڵك دڵخۆش دەبن کاتێك شاووڵ لە دەستی
زروبابل دەبینن.»
ئەو حەوت چرایە[a] چاوەکانی یەزدانن کە
چاودێرن بەسەر هەموو زەویدا.
١١منیش پرسیارم لە فریشتەکە کرد: «ئەو دوو دار
زەیتوونە چین لەلای ڕاست و چەپی چرادانەکە؟»
١٢دووبارە لێم پرسی: «ئەو دوو لقە زەیتوونە چین
لەلای ئەو لقە زێڕینانە، کە زەیتی زێڕین دەچۆڕێننە
ناویان؟»
١٣وەڵامی دامەوە و گوتی: «ئایا نازانی ئەم دووانە
چین؟»
منیش گوتم: «نەخێر، گەورەم.»
١٤ئینجا گوتی: «ئەمانە ئەو دووانەن کە بە زەیت
دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی خزمەتی پەروەردگاری
هەموو جیهان بکەن.»

## تۆمارە فڕیوەکە

٥ دیسان چاوم هەڵبڕی و تۆمارێکی فڕیوم
لەبەردەمم بینی.
٢لێی پرسیم: «چی دەبینیت؟»
وەڵامم دایەوە: «تۆمارێکی فڕیو دەبینم،
درێژییەکەی بیست باڵە و پانییەکەشی دە باڵە.[b]»
٣ئینجا پێی گوتم: «ئەمە ئەو نەفرەتەیە کە بۆ سەر
ڕووی هەموو زەوی دێت؛ چونکە بەپێی ڕوویێکی
هەموو دزێك دوور دەخرێتەوە و بەپێی ڕووەکەی
دیکە هەموو ئەوەی بە درۆ سوێند بخوات دوور
دەخرێتەوە. ٤یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: ”من
دەینێرم و دەچێتە ماڵی دز و ماڵی ئەوەی بە درۆ
سوێند بە ناوی من دەخوات، لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە،
بە تەواوی لەگەڵ دار و بەردەکەی لەناوی دەبات.“»

## ژنێك لەنێو سەبەتێك

٥پاشان ئەو فریشتەیەی قسەی لەگەڵ دەکردم،
هاتە پێشەوە و پێی فەرمووم: «چاوت هەڵبڕە و
ببینە ئەوە چییە دەردەکەوێت.»
٦لێم پرسی: «ئەوە چییە؟»
وەڵامی دامەوە: «ئەوە ئەو سەبەتەیەیە
کە دەردەکەوێت.» هەروەها گوتی: «ئەمەش
تاوانەکەیانە کە لە هەموو زەوییە.»
٧ئیتر قەپاغە قورقوشمەکە هەڵگیرا، ژنێکم
بینی لەناو سەبەتەکە دانیشتبوو. ٨گوتی: «ئەمە
خراپەکارییە.» ئینجا بۆ ناوەڕاستی سەبەتەکە پاڵی
پێوەنا و قەپاغە قورقوشمەکەی خستە سەر دەمی.
٩ئینجا چاوم هەڵبڕی و بینیم لەبەردەمم دوو ژن
هاتنە دەرەوە و با لە باڵەکانیان دەدات. باڵەکانیان
وەك باڵی لەقلەق بوو، ئینجا سەبەتەکەیان بۆ نێوان
زەوی و ئاسمان بەرزکردەوە.
١٠لەو فریشتەیەم پرسی کە قسەی لەگەڵ دەکردم:
«سەبەتەکە بۆ کوێ دەبەن؟»
١١ئەویش گوتی: «بۆ ئەوەی لە خاکی بابل ماڵێکی
بۆ بنیاد بنێن و کە ئامادە بوو لەوێ لە شوێنی خۆی
دادەنرێت.»

## چوار گالیسکە

٦ جارێکی دیکە چاوم هەڵبڕی بینیم لەبەردەمم
چوار گالیسکەی جەنگی لەنێوان دوو کێوەوە
دێنە دەرەوە، کێوەکانیش بڕۆنز بوون. ٢گالیسکەی
یەکەم ئەسپی سووری پێوە بوو، دووەم ئەسپی
ڕەش، ٣سێیەم ئەسپی سپی، چوارەم ئەسپی بەڵەك،
هەموویان ئەسپی بەهێز بوون. ٤لەو فریشتەیەم
پرسی کە قسەی لەگەڵ دەکردم: «گەورەم، ئەمانە
چین؟»
٥فریشتەکەش وەڵامی دامەوە و پێی گوتم:
«ئەمانە چوار ڕۆحەکەی ئاسمانن خزمەتی
پەروەردگاری هەموو زەوی دەکەن و هاتوونەتە
دەرەوە. ٦ئەو گالیسکەیەی ئەسپە ڕەشەکانی
پێوەیە بۆ خاکی باکوور دەچێت، ئەوەی ئەسپە

---

[a] ١٠ بڕوانە زەکەریا ٩:٣.
[b] ٢ نزیکەی نۆ مەتر بە چوار مەتر و نیو.

سپییەکانیشی پێوەیە بەرەو ڕۆژئاوا، ئەوەی ئەسپە بەڵەکەکانیشی پێوەیە بۆ خاکی باشوور دەچێت.»

[٧]کاتێك ئەسپە بەهێزەکان چوونە دەرەوە، بە پەرۆشەوە بوون کە بەسەر زەویدا بگەڕێن، ئەویش فەرمووی: «بڕۆن و بەناو زەویدا بگەڕێن.» ئەوانیش بەناو زەویدا گەڕان.

[٨]ئینجا هاواری لێکردم و پێی گوتم: «ببینە ئەوانەی بۆ خاکی باکوور دەچن، ڕۆحی منیان لە خاکی باکووردا ئارام کردەوە.»

## تاجێك بۆ یەشوع

[٩]پاشان فەرمایشتی یەزدانم بۆ هات و فەرمووی: [١٠]«زێڕ و زیو لە حەلدەی و تۆڤییاهو و یەدایا وەربگرە، ئەو ڕاپێچکراوانەی لە بابلەوە گەڕاونەتەوە. هەر ئەو ڕۆژە بڕۆ ماڵی یۆشیای کوڕی سەفەنیا. [١١]زێڕ و زیو وەربگرە و تاجێك دروستبکە، لەسەری یەشوعی کوڕی یەهۆچاداقی سەرۆك کاهینی بنێ. [١٢]پێی بڵێ، یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”ئەوەتا ئەو پیاوەی ناوی لقە، لە جێی خۆیەوە لق دەردەکات و پەرستگای یەزدان بنیاد دەنێت. [١٣]ئەو ئەو کەسەیە کە پەرستگای یەزدان بنیاد دەنێت، شکۆمەندی هەڵدەگرێت، لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت فەرمانڕەوایەتی دەکات. هەروەها دەبێتە کاهین لەسەر تەختەکەی، ئیتر فەرمانڕەوایەتی خۆی لەگەڵ کاهینییێتییەکەی دەگونجێنێت[a].“ [١٤]تاجەکەش دەدرێتە حەلدەی و تۆڤییاهو و یەدایا و حینی کوڕی سەفەنیا، وەك یادگاری لە پەرستگای یەزدان. [١٥]هەروەها ئەوانەی دوورن دێن بۆ بنیادنانی پەرستگای یەزدان، ئێوەش دەزانن کە یەزدانی سوپاسالار منی بۆ لای ئێوە ناردووە. ئەمە دەبێت ئەگەر بە تەواوەتی گوێڕایەڵی یەزدانی پەروەردگارتان بن.»

[a] ١٣ کاتێك پاشا دوو ڕۆڵ لە ئەستۆ دەگرێت، فەرمانڕەوایەتی و کاهینێتی. پێشبینییەکە کە لە پەیمانی نوێ لە کەسایەتی مەسیحدا دێتە دی.

## حوکمدانی تەواو و خۆشەویستی نەگۆڕ

٧ لە چوارەم ساڵی داریوشی پاشا، لە چواری مانگی نۆ لە کیسلێڤ فەرمایشتی یەزدان بۆ زەکەریا هات. [٢]خەڵکی بێتئێل شەرئەچەر و ڕەگەمەلەخیان لەگەڵ پیاوەکانیان نارد بۆ ئەوەی لە یەزدان بپاڕێنەوە، [٣]بۆ ئەوەی لە کاهینەکانی ماڵی یەزدانی سوپاسالار و لە پێغەمبەرەکان بپرسن: «ئایا لە مانگی پێنجدا بگرییێن و خۆمان تەرخان بکەین، هەروەك ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو کردوومانە؟»

[٤]ئینجا فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارم بۆ هات: [٥]«بە هەموو گەلی خاکەکە و بە کاهینەکان بڵێ: ”کاتێك بە ڕۆژوو بوون و شیوەنتان گێڕا، لە مانگی پێنج و مانگی حەوت، لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوو، ئایا بەڕاستی بۆ من بەڕۆژوو بوون؟ [٦]ئەی کە دەتانخوارد و دەتانخواردەوە، ئایا بۆ خۆتان نەبوو ئاهەنگتان دەگێڕا؟ [٧]ئایا هەمان ئەو پەیامە نەبوو کە یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانی پێشووەوە ڕایگەیاند، لە کاتێکدا کە ئۆرشەلیم ئاوەدان و ئارام بوو، شارۆچکەکانی دەوروبەری و نەقەب و زوورگەکانی[b] یەهودا ئاوەدان بوون؟“»

[٨]ئینجا فەرمایشتی یەزدان بۆ زەکەریا هات: [٩]«یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: ”بە دادپەروەری ڕاستەقینە حوکم بدەن، لەگەڵ یەکتری میهرەبان و بە بەزەیی بن. [١٠]بێوەژن و هەتیو، نامۆ و هەژار مەچەوسێننەوە، لە دڵەوە بیر لە خراپە مەکەنەوە بەرامبەر بە یەکتری.“

[١١]«بەڵام نەیانویست گوێ شل بکەن، شانی یاخبوونیان دایەبەر، خۆیان کەڕ کرد. [١٢]دڵیان وەك بەردەئەستێ ڕەقکرد نەوەك گوێیان لە فێرکردنەکان و لەو وشانە بێت کە یەزدانی سوپاسالار بە ڕۆحی خۆی لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانی پێشووەوە ناردی. ئیتر یەزدانی سوپاسالار زۆر تووڕە بوو.

[١٣]«یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: ”چۆن بانگم کرد و گوێیان نەگرت، ئەوانیش ئاوا نزا دەکەن و گوێ

[b] ٧ زوورگ: لە تەپۆڵکە بەرزترە، هەروەك بەرزاییەکانی زوورگەزراو لە کوردستان.

ناگرم. ١٤ بە ڕەشەبایەك بەناو هەموو نەتەوەکاندا
پەرتوبڵاوم کردنەوە و لەوێ نامۆ بوون. لەپاش ئەوان
زەوییەکە وێران بوو و کەس هاتوچۆی پێیدا نەکرد.
بەم جۆرە خاکی شادییان وێران کرد.”»

## بەڵێنی بەرەکەتی ئۆرشەلیم

٨ فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارم بۆ هات.
٢ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت:
«خۆشەویستییەکی بێ پایانم بۆ سییۆن هەیە، بە
دڵگەرمییەوە ئیرەدار بووم بۆی.»
٣ یەزدان ئەمە دەفەرموێت: «دەگەڕێمەوە سییۆن
و لەناوەڕاستی ئۆرشەلیم نیشتەجێ دەبم. ئینجا
ئۆرشەلیم بە شاری ڕاستی ناودەبردرێت و کێوی
یەزدانی سوپاسالاریش بە ”کێوی پیرۆز“.»
٤ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «جارێکی
دیکە پیرەمێرد و پیرێژن لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم
دادەنیشن، هەریەکە لەبەر تەمەنی گۆچانەکەی بە
دەستیەوەیە. ٥ شەقامەکانی شار پڕ دەبنەوە لە کوڕ و
کچ یاری تێدا دەکەن.»
٦ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «لەو
سەردەمە لەوانەیە لەبەرچاوی پاشماوەی ئەم
گەلە سەرسوڕهێنەر بێت، بەڵام ئایا لەبەرچاوی
منیش سەرسوڕهێنەرە؟» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی
سوپاسالارە.
٧ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «من
گەلەکەم لە خاکی ڕۆژهەڵات و لە خاکی ڕۆژئاوا
ڕزگار دەکەم. ٨ دەیانگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی لە
ئۆرشەلیم نیشتەجێ بن، دەبن بە گەلی من و
منیش دەبم بە خودای ئەوان، بە دڵسۆزی و
ڕاستودروستی.»
٩ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «ئێستا
گوێتان لەم پەیامە بێت، ”با دەستەکانتان بەهێزبن
بۆ ئەوەی پەرستگاکە بنیاد بنرێت.“ هەر ئەوەش
بوو کە پێغەمبەرەکان لە ڕۆژی دامەزراندنی ماڵی
یەزدانی سوپاسالار گوتیان. ١٠ بەر لەو سەردەمە
هیچ کرێیەك بۆ مرۆڤ نەبوو، ئاژەڵیش کرێی
نەبوو. ئەوەی دەچووە سەر کاریش لەبەر دوژمنانی
سەلامەتی نەبوو، چونکە هەموویانم لە یەکتری
بەردا. ١١ بەڵام ئێستا من وەك پێشتر هەڵسوکەوت
لەگەڵ پاشماوەی گەلەکەم ناکەم.» ئەمە فەرمایشتی
یەزدانی سوپاسالارە.
١٢ «تۆو بە جوانی دەڕوێت، دار مێو بەری خۆی
دەدات، زەوی بەروبوومی خۆی دەدات، ئاسمان
شەونمی خۆی دەدات. هەموو ئەم شتانە دەکەمە
میرات بۆ پاشماوەی ئەم گەلە. ١٣ ئەی بنەماڵەی
یەهودا و ئیسرائیل، هەروەك ئێوە مایەی نەفرەت
بوون لەنێو نەتەوەکان، من ڕزگارتان دەکەم، دەبنە
مایەی بەرەکەت. مەترسن، بەڵکو با دەستەکانتان
بەهێزبن.»
١٤ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «وەك
چۆن مکوڕ بووم لەسەر ئەوەی تووشی بەڵاتان
بکەم، کاتێك باوباپیرانتان تووڕەیان کردم و پاشگەز
نەبوومەوە، ١٥ ئێستا بە هەمان شێوە مکوڕم لەسەر
ئەوەی جارێکی دیکە چاکە بکەم لەگەڵ ئۆرشەلیم و
بنەماڵەی یەهودا. مەترسن. ١٦ ئەمانە ئەو شتانەن کە
دەبێت بیانکەن: لەگەڵ یەکتری بە ڕاستی بدوێن؛ لە
دادگاکانتان ڕاستی و حوکمی دادپەروەرانە هەبێت؛
١٧ لە دڵەوە بیر لە خراپە مەکەنەوە بەرامبەر بە
یەکتری؛ حەزتان لە سوێندخواردنی بە درۆ نەبێت.
ڕقم لە هەموو ئەمانەیە.» ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
١٨ پاشان فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارم بۆ هات:
١٩ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «ڕۆژووی
مانگی چوار و پێنج و حەوت و دە بۆ نەوەی یەهودا
دەبێتە شادی و دڵخۆشی و جەژنی خۆش. لەبەر
ئەوە حەز لە ڕاستی و ئاشتی بکەن.»
٢٠ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «چەندین
خەڵك و دانیشتووانی چەندین شار دێنە ئۆرشەلیم،
٢١ دانیشتووانی شارێك دەچنە لای ئەوی دیکەیان و
دەڵێن: ”با بڕۆین دەستبەجێ بۆ ئەوەی لە یەزدان
بپاڕێینەوە و ڕوو لە یەزدانی سوپاسالار بکەین،
هەروەها منیش دەچم.“ ٢٢ ئینجا زۆرێك لە گەلان و

نەتەوە بەهێزەکان دێنە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی ڕوو لە
یەزدانی سوپاسالار بکەن و لە یەزدان بپاڕێنەوە.»
٢٣ یەزدانی سوپاسالار ئەمە دەفەرموێت: «لەو
ڕۆژانەدا دە پیاو لەنێو هەموو زمان و نەتەوەکان
دەست بە دامێنی پیاوێکی جولەکەوە دەگرن و
پێی دەڵێن: ”با لەگەڵتان بێین، چونکە بیستوومانە
خوداتان لەگەڵدایە.“»

## سزای دوژمنانی ئیسرائیل

٩ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بە سروش[a] لە دژی
خاکی حەدراخ و
لە دیمەشق دەمێنێتەوە،
چونکە هەموو خەڵك و هۆزەکانی ئیسرائیل
چاویان لە یەزدانە.
٢ هەروەها لە دژی حەماتی هاوسنووری،
لە دژی سور و سەیدایە، کە ئەوانە زۆر دانان.
٣ سور قەڵای بۆ خۆی بنیاد نا،
زیوی وەك خۆڵ خڕکردەوە،
زێڕیش وەك قوڕی کۆڵانەکان.
٤ بەڵام پەروەردگار دەستی بەسەردا دەگرێت و
لە دەریا هێزەکەی لەناودەبات،
هەروەها بە ئاگر دەسووتێنرێت.
٥ ئەسقەلان دەیبینێت و دەترسێت،
غەزەش زۆر بە ئازار دەبێت،
عەقرۆنیش، چونکە هیواکانی مایەی
شەرمەزارین.
غەزە پاشاکەی لەدەست دەدات،
ئەسقەلانیش ئاوەدانی تێدا نامێنێت.
٦ خەڵکی زۆڵ[b] ئەشدۆد داگیر دەکەن،
لووتبەرزی فەلەستییەکان لەناودەبەم.
٧ گۆشتی بە خوێنەوە لەبەردەمیان لادەبەم و
خواردنی قەدەغەکراو لەبەر ددانەکانیان.
ئەو فەلەستییانەش کە دەمێننەوە دێنە پاڵ
خوداکەمان و
وەك هۆزێك دەبن لە یەهودا و
عەقرۆنیش وەك یەبوسییەکان.
٨ بەڵام لە چواردەوری پەرستگاکەم هەڵدەدەم،
بۆ پارێزگاریکردن لە چەتە.
ئیتر هەرگیز سەرکاری بێگاری نایەتە سەریان،
چونکە ئێستا چاوم لەسەریانە.

## هاتنی پاشای سییۆن

٩ ئەی شاری سییۆن، زۆر دڵخۆش بە!
ئەی شاری ئۆرشەلیم، هاواری خۆشی بکە!
ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات،
دادپەروەرە و ڕزگارکەرە،
بێفیزە و سواری ماکەرێك و
جاشی ماکەرێك بووە.
١٠ گالیسکەی جەنگ لە ئەفرایم لەناودەبەم و
ئەسپیش لە ئۆرشەلیم،
کەوانی جەنگ دەشکێنرێت.
ئەو پاشایە ئاشتی بۆ گەلان ڕادەگەیەنێت،
فەرمانڕەوایەتییەکەی لە دەریاوە بۆ دەریایە و
لە ڕووباری فوراتیشەوە هەتا ئەوپەڕی زەوییە.
١١ هەروەها بۆ تۆش، لەبەر خوێنی پەیمانەکەم
لەگەڵ تۆ،
دیلەکانت لە بیری بێ ئاو بەڕەڵا دەکەم.
١٢ ئەی ئەو دیلانەی هیواتان هەیە، بگەڕێنەوە
قەڵاکانتان،
ئەمڕۆ من ڕایدەگەیەنم کە دوو هێندە
قەرەبووتان دەکەمەوە.
١٣ من یەهودام وەك کەوانەکەی خۆم
چەماندووەتەوە،
ئەفرایمم کردووەتە تیرەکانم،
ئەی سییۆن، کوڕەکانی تۆم ڕاپەڕندووە،
لە دژی کوڕەکانی تۆ، ئەی یۆنان،
تۆم کردووە بە شمشێری پاڵەوان.

[a] ١ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.
[b] ٦ بیژی

## دەرکەوتنی یەزدان

١٤ ئینجا یەزدان لەسەر سەریانەوە دەردەکەوێت،
تیرەکەی وەك بروسك دەبریسکێتەوە.
یەزدانی باڵادەست فوو بە کەڕەنادا دەکات،
بەناو گەردەلوولەکانی باشووردا دەڕوات،
١٥ یەزدانی سوپاسالار گەلەکەی دەپارێزێت.
بە بەردی قۆچەقانی[a] دوژمن تێکدەشکێنن،
دەخۆنەوە و دەنەڕێنن هەروەك شەرابیان نۆشی بێت،
وەك تاسی خوێنپرژێن[b] پڕ دەبن،
کە بۆ پرژاندنی گۆشەکانی قوربانگا بەکاردێت.
١٦ لەو ڕۆژەدا یەزدانی پەروەردگاریان ڕزگاریان دەکات،
هەروەك شوان مێگەلەکەی دەپارێزێت.
لە خاکەکەی خۆی دەیانڕازێنێتەوە
وەك بەردی گرانبەهای تاج.
١٧ چەند سەرنجڕاکێش و جوان دەبێت!
دانەوێڵە گەشە بە لاوەکان دەکات و
شەرابی نوێش بە پاکیزەکان.

## بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی یەهودا

١٠ لە بەهاردا داوای باران لە یەزدان بکەن،
یەزدانە کە هەورەتریشقە دروستدەکات.
ئەو شەستە باران دەبارێنێت،
کێڵگەی سەوز دەداتە هەمووان.
٢ بتەکان قسەی هەڵخەڵەتێنەر دەکەن،
فاڵگرەوەکان بە درۆ باسی بینین دەکەن،
خەونی درۆ دەگێڕنەوە،
بەبێ سوود دڵنەوایی دەکەن،
بۆیە وەك مەڕ دەگەڕێن،
سەرگەردان بوون لەبەر بێ شوانی.

٣ «تووڕەییم لەسەر شوانەکان گڕی گرت،
ڕابەرەکان سزا دەدەم،
چونکە یەزدانی سوپاسالار مێگەلەکەی خۆی،
بنەماڵەی یەهودا بەسەردەکاتەوە،
دەیانکاتە ئەسپی شکۆی خۆی لەنێو جەنگ.
٤ بەردی بناغە لە یەهوداوە دێت،
مێخی ڕەشماڵ لەوێوە دێت،
کەوانی جەنگ لەوێوە دێت،
هەموو سەرۆکێك لەوێوەیە.
٥ پێکەوە وەك پاڵەوان دەبن،
ئەوانەی دوژمنەکانیان لەنێو قوڕی کۆڵانەکان دەشێلن،
دەجەنگین، چونکە یەزدان لەگەڵیانە،
ئەسپ سوارەکانی دوژمن شەرمەزار دەکەن.

٦ «بنەماڵەی یەهودا بەهێز دەکەم،
بنەماڵەی یوسف ڕزگار دەکەم.
دەیانگەڕێنمەوە، چونکە بەزەییم پێیاندا هاتەوە،
وایان لێدێت وەك ئەوەی کە ڕەتم نەکردبنەوە،
چونکە من یەزدانی خودای ئەوانم،
وەڵامیان دەدەمەوە.
٧ ئەفرایم وەك پاڵەوانەکانیان لێدێت،
دڵیان خۆش دەبێت هەروەك بە شەراب،
منداڵەکانیان ئەمە دەبینن و دڵخۆش دەبن،
دڵیان بە یەزدان شاد دەبێت.
٨ ئاماژەیان بۆ دەکەم،
پێکەوە کۆیان دەکەمەوە.
بە دڵنیاییەوە دەیانکڕمەوە،
هەروەکو پێشتر زۆر دەبن.
٩ هەرچەندە لەنێو گەلاندا پەرتەوازەیان دەکەم،
بەڵام لە خاکە دوورەکانەوە یادم دەکەنەوە.
ئەوان لەگەڵ کوڕەکانیان لە ژیان دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە.
١٠ لە خاکی میسرەوە دەیانگەڕێنمەوە و
لە ئاشورەوە کۆیان دەکەمەوە.
دەیانهێنمە خاکی گلعاد و لوبنان،
جێیان نابێتەوە.

[a] ١٥ بەردەقانی
[b] ١٥ کاهین ئەم تاسانەی بۆ پرژاندنی خوێنی قوربانی بەکاردەهێنا، وەك هێمایەك بۆ کەفارەتی گوناهەکانی خەڵك. بڕوانە دەرچوون ٢٩:٢٠ و زەکەریا ١٤:٢٠ و عیبرانییەکان ٩:١٣.

١١بەناو دەریای تەنگدا تێدەپەڕن،
شەپۆلەکانی دەریا کپ دەبن و
هەموو قووڵاییەکانی ڕووباری نیل وشك دەبن.
لووتبەرزی ئاشور تێکدەشکێنرێت و
داردەستی میسر نامێنێت.
١٢بە یەزدان بەهێزیان دەکەم و
بە ناوی خۆیەوە دەیپەرستن و گوێڕایەڵی
دەبن.»
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.

١١
ئەی لوبنان، دەرگاکانت بکەرەوە،
تاکو ئاگر دار ئورزەکانت بخوات!
٢ئەی دار سنەوبەر، واوەیلا بکە، چونکە دار ئورز
کەوت،
دارە گەورەکان تێکشکێنران!
ئەی دار بەڕووەکانی باشان، واوەیلا بکەن،
چونکە دارستانە چڕەکان تێکدران!
٣گوێ لە واوەیلای شوانەکان بگرن،
چونکە لەوەڕگا دەوڵەمەندەکانیان وێران بوون!
گوێ لە نەڕەی شێرەکان بگرن،
چونکە دەوەنەکانی ڕووباری ئوردون وێران
بوون.

## دوو شوان

٤یەزدانی خوداکەم ئەمە دەفەرموێت: «ئەو
مێگەلەی بۆ سەربڕینە بیلەوەڕێنە. ٥ئەوانەی
دەیانکڕن و سەریان دەبڕن، سزاش نادرێن.
فرۆشیارەکانیان دەڵێن: ”ستایشی یەزدان دەکەم، کە
دەوڵەمەندی کردم!“ شوانەکانیان بەزەییان پێیاندا
نایەتەوە.» ٦یەزدان دەفەرموێت: «لەبەر ئەوە ئیتر
بەزەییم بە دانیشتووانی خاکەکەدا نایەتەوە، بەڵکو
هەریەکەیان دەدەمە دەست نزیکەکەی و پاشاکەی.
ئەوان خاکەکە وێران دەکەن، کەسیش لە دەستی
ئەوان دەرباز ناکەم.»
٧ئەو مێگەلەم لەوەڕاند کە بۆ سەربڕینە، بە
تایبەتی کڵۆڵترینی مەڕەکان. ئینجا دوو گۆچانم
بۆ خۆم برد، یەکێکیانم ناونا «پەسەندی» و ئەوی
دیکەشم ناونا «یەکگرتن» و مێگەلەکەم لەوەڕاند.
٨لە یەك مانگدا هەر سێ شوانەکەم دەرکرد.
مێگەلەکە ڕقی لێم بووەوە، من ئارامیم لێیان نەما
و ٩فەرمووم: «ناتانلەوەڕێنم. ئەوەی مردار دەبێتەوە،
با مردار ببێتەوە؛ ئەوەی لەناودەچێت، با لەناوبچێت؛
ئەوانەش کە دەمێننەوە، با گۆشتی یەکتری بخۆن.»
١٠ئینجا ئەو گۆچانەم برد کە ناوی «پەسەندی»
بوو شکاندم، تاکو ئەو پەیمانەم هەڵوەشێنمەوە
کە لەگەڵ هەموو گەلاندا بەستم. ١١لەو ڕۆژەدا
پەیمانەکە هەڵوەشایەوە، بەو شێوەیە کڵۆڵترینی
مەڕەکان، ئەوانەی چاویان تێبڕیبووم زانییان کە ئەوە
فەرمایشتی یەزدان بووە.
١٢ئینجا پێم گوتن: «ئەگەر پێتان باشە، کرێیەکەم
بدەنێ، ئەگەر نا لێیگەڕێن.» ئینجا سی پارچە زیوی
کرێیەکەی منیان کێشا.
١٣یەزدان پێی فەرمووم: «فڕێیبدە بۆ
گۆزەکەرەکە.» ئەو نرخە بەهادارەی کە منیان پێی
هەڵسەنگاند! منیش سی پارچە زیوەکەم وەرگرت و
فڕێمدا بۆ گۆزەکەرەکەی ناو ماڵی یەزدان.
١٤ئینجا گۆچانەکەی دیکەم شکاند، کە ناوی
«یەکگرتن» بوو، تاکو برایەتی نێوان یەهودا و
ئیسرائیل هەڵبوەشێنمەوە.
١٥جا یەزدانم پێی فەرمووم: «جارێکی دیکە
کەلوپەلی شوانێکی گێل بۆ خۆت ببە، ١٦چونکە من
شوانێك لە خاکەکە هەڵدەستێنمەوە کە گرنگی بە
ونبووەکان نادات، لە ساواکان ناگەڕێت، بریندارەکان
چارەسەر ناکات، ئەوانەی تەندروستییان باشە
نایانلەوەڕێنێت، بەڵام گۆشتی قەڵەوەکان دەخوات و
سمیان دەردێنێت.

١٧«قوڕبەسەر شوانی هیچوپووچ،
ئەوەی وازی لە مێگەلەکە هێناوە!
با شمشێر لەسەر قۆڵ و چاوی ڕاستی بێت!
با قۆڵی بە تەواوی وشك بێت و
چاوی ڕاستی بە تەواوی کۆرە بێت!»

## وێرانبوونی دوژمنانی ئۆرشەلیم

١٢ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بە سروش سەبارەت بە ئیسرائیل.

یەزدان، ئەوەی کە ئاسمانی ڕاختستووە، زەوی دامەزراندووە، شێوەی ڕۆحی مرۆڤی لە ناخی مرۆڤدا کێشاوە، ئەمە دەفەرمووێت: ٢«من خەریکم ئۆرشەلیم دەکەمە جامێك هەموو گەلانی دەوروبەری سەرخۆش دەکات. یەهودا و ئۆرشەلیمیش گەمارۆ دەدرێن. ٣لەو ڕۆژەدا کاتێك هەموو گەلانی زەوی لە دژی ئەو کۆدەبنەوە، ئۆرشەلیم بۆ هەموو گەلان دەکەمە بەردێکی قورس. ئەوەی بییەوێت بیجوڵێنێت خۆی بریندار دەکات.» ٤یەزدان دەفەرمووێت: «لەو ڕۆژەدا هەموو ئەسپێك تووشی سەرلێشێوان دەکەم و سوارەکەشی تووشی شێتی دەکەم. چاودێری بنەماڵەی یەهودا دەکەم، هەموو ئەسپی گەلان تووشی کوێری دەکەم. ٥ئینجا سەرکردەکانی یەهودا لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ”خەڵکی ئۆرشەلیم بەهێزن، چونکە یەزدانی سوپاسالار خودایانە.“

٦«لەو ڕۆژەدا سەرکردەکانی یەهودا وەك ئاگردانێك لێ دەکەم لەنێو کۆمەڵە دار و وەك مەشخەڵێکی ئاگر لەنێو مەلو، جا بەلای ڕاست و بەلای چەپدا دەست دەکەن بە خواردنی هەموو گەلانی دەوروبەریان، بەڵام ئۆرشەلیم لە جێی خۆی بە سەلامەتی دەمێنێتەوە.

٧«یەزدان سەرەتا گەلی یەهودا ڕزگار دەکات، بۆ ئەوەی شان و شکۆی بنەماڵەی داود و خەڵکی ئۆرشەلیم لەسەر یەهودا گەورەتر نەبن. ٨لەو ڕۆژەدا یەزدان دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەپارێزێت، ئەوەی لاوازە لەنێویان وەك داودی لێدێت، ماڵی داودیش وەك خودای لێدێت، وەك فریشتەی یەزدان لەپێشیان دەڕوات. ٩لەو ڕۆژەدا مکوڕ دەبم لەسەر لەناوبردنی هەموو ئەو نەتەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر ئۆرشەلیم.

## شیوەن بۆ ئەوەی زامداریان کرد

١٠«ڕۆحی میهرەبانی و پاڕانەوە بەسەر بنەماڵەی داود و بەسەر دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا دەبارێنم. جا تەماشای من دەکەن، ئەوەی کە ڕمیان لێداوە، هەروەها شیوەنی بۆ دەگێڕن وەك کەسێك شیوەن بۆ تاقانەکەی بگێڕێت، زۆر دەگریێن، هەروەك گریان بۆ نۆبەرەیەك. ١١لەو ڕۆژەدا شیوەنێکی گەورە لە ئۆرشەلیم دەبێت، وەك شیوەنی هەدەد ڕیمۆن لە دەشتی مەگیدۆ. ١٢خاکەکە شیوەن دەگێڕێت، خێڵ بە خێڵ هەریەکە و بە جیا: خێڵی بنەماڵەی داود و ژنەکانیان، خێڵی بنەماڵەی ناتان و ژنەکانیان، ١٣خێڵی بنەماڵەی لێڤی و ژنەکانیان، خێڵی شیمعی و ژنەکانیان. ١٤هەموو ئەو خێڵانەی مابوونەوە خێڵ بە خێڵ بە جیا و ژنەکانیشیان بە جیا.

## پاکبوونەوە لە گوناه

١٣ «لەو ڕۆژەدا کانییەك بۆ بنەماڵەی داود و بۆ دانیشتووانی ئۆرشەلیم دەکرێتەوە بۆ پاککردنەوەیان لە گوناه و گڵاوی.»

٢یەزدانی سوپاسالار دەفەرمووێت: «لەو ڕۆژەدا، ناوی بتەکان لە خاکەکەدا ڕیشەکێش دەکەم و ئیتر یادیان ناکرێتەوە. هەروەها پێغەمبەرەکان و ڕۆحی گڵاو[a] لە خاکەکە ڕادەماڵم. ٣وای لێدێت ئەگەر کەسێك پێشبینی بکات، ئەوا دایك و باوکی، کە لەوانەوە بووە، پێی دەڵێن: ”دەبێت بمریت، چونکە بە درۆ بە ناوی یەزدانەوە قسەت کردووە.“ ئینجا کاتێك پێشبینی دەکات دایك و باوکی، کە لەوانەوە بووە، بە خەنجەر لێی دەدەن.

٤«ئینجا لەو ڕۆژەدا هەر پێغەمبەرێك بە پێشبینی بینینەکەی شەرمەزار دەبێت. جلی پێغەمبەران کە کەوای مووداره لەبەری ناکەن بۆ ئەوەی خەڵکی پێ هەڵبخەڵەتێنن. ٥هەریەکە و دەڵێت: ”من پێغەمبەر نیم. من کابرایەکی جوتیارم، چونکە هەر لە منداڵیمەوە خاك سەرچاوەی بژێویم بووە.“ ٦ئەگەر

[a] ٢ ڕۆحی پیسی هاندەر بۆ ئەنجامدانی کاری گڵاو.

کەسێك بپرسێت: "ئەم برینانە چین لە جەستەت؟"
ئەویش وەڵام دەداتەوە: "ئەوەیە کە لە ماڵی
دۆستانم پێی بریندار بووم."

## لێدان لە شوانەکە

٧«یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت:
ئەی شمشێر، لە دژی شوانەکەم هەستە،
لە دژی ئەو پیاوەی لەگەڵمە!
لە شوانەکە بدە،
مەڕەکان پەرت دەبن،
پاشان دەستم لە بچووکەکان بەرز دەکەمەوە.»
٨یەزدان دەفەرموێت: «ئینجا لە هەموو زەوی،
دوو لەسەر سێیان لێیان دەدرێت و دەمرن،
یەك لەسەر سێ تێیدا دەمێنێتەوە.
٩ئەو یەك لەسەر سێیەش دەخەمە ناو ئاگرەوە،
وەك زیو دەیانپاڵێوم،
وەك زێڕ تاقییان دەکەمەوە.
ئەوان بە ناوی منەوە نزا دەکەن و
منیش وەڵامیان دەدەمەوە،
من دەڵێم: "ئەوان گەلی منن،"
ئەوانیش دەڵێن: "یەزدان خودای ئێمەیە."»

## یەزدان دێت و حوکم دەدات

١٤ ئەی ئۆرشەلیم، ڕۆژی یەزدان دێت،
سامانەکەت تاڵان دەکرێت و لەناوەڕاستی
خۆتدا دابەش دەکرێت.
٢هەموو نەتەوەکان لەسەر ئۆرشەلیم کۆدەکەمەوە
بۆ ئەوەی لە دژی بجەنگن. شارەکە داگیر دەکرێت،
ماڵەکان تاڵان دەکرێن، ئافرەت لاقە دەکرێن. نیوەی
شارەکە ڕاپێچ دەکرێن، بەڵام پاشماوەی خەڵکەکە لە
شارەکە ڕاپێچ ناکرێن.
٣ئینجا یەزدان دێتە دەرەوە و لەگەڵ ئەو
نەتەوانە دەجەنگێت، هەروەك ڕۆژی جەنگ شەڕ
دەکات. ٤لەو ڕۆژەدا پێیەکانی لەسەر کێوی زەیتوون
دەوەستن، ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم، ئینجا کێوی زەیتوون
لە ناوەڕاستەوە شەق دەبێت، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ
ڕۆژئاوا، دەبێتە دۆڵێکی زۆر گەورە، نیوەی چیاکە
دەگوازرێتەوە باکوور و نیوەکەی دیکەشی باشوور.
٥ئێوە بە ناو دۆڵی چیاکەی مندا هەڵدێن، چونکە
هەتا ئاچێل درێژ دەبێتەوە. ئێوە هەڵدێن، هەروەك
ئەوەی لە بوومەلەرزەکەی سەردەمی عوزیای پاشای
یەهودا هەڵاتن. ئینجا یەزدانی پەروەردگارم دێت،
هەموو پیرۆزەکانیشی لەگەڵە.
٦لەو ڕۆژەدا ڕووناکی و سەرما و شەختەبەندان
نابێت. ٧ڕۆژێکی بێ وێنە دەبێت، جیاوازی نییە
لەنێوان شەو و ڕۆژ، کاتێك ئێوارە دادێت ڕووناکی
هەیە، ئەو ڕۆژە تەنها لەلای یەزدان زانراوە.
٨لەو ڕۆژەدا ئاوی زیندوو لە ئۆرشەلیمەوە
هەڵدەقوڵێت، نیوەی ڕووەو ڕۆژهەڵات بۆ دەریای
مردوو و نیوەشی ڕووەو ڕۆژئاوا بۆ دەریای سپی
ناوەڕاست، لە هاوین و لە زستان بەردەوام دەبێت.
٩یەزدانیش دەبێتە پاشای هەموو زەوی. لەو
ڕۆژەدا تەنها یەزدان دەبێت و تەنها ناوی ئەویش
دەبێت.
١٠هەموو خاکەکە لە گەڤەعەوە هەتا ڕیمۆنی
باشووری ئۆرشەلیم وەك عەراڤا دەبێتە دەشتایی[a]،
بەڵام ئۆرشەلیم بەرز دەکرێتەوە و لە شوێنەکەی
خۆیدا ئاوەدان دەبێتەوە، لە دەروازەی بنیامینەوە
هەتا شوێنی دەروازەی یەکەم و هەتا دەروازەی
گۆشەکە و لە قوللەی حەنەنئێلەوە هەتا گوشەرەکانی
پاشا. ١١ئاوەدانی دەکەنەوە، چیدی وێران ناکرێت.
ئۆرشەلیم ئاسوودە دەبێت.
١٢ئەمەش ئەو دەردە دەبێت کە یەزدان
تووشی هەموو گەلانی دەکات، ئەوانەی لە دژی
ئۆرشەلیم جەنگان: گۆشتیان بۆگەن دەبێت کە
لەسەر پێیەکانیان وەستاون، چاوەکانیان لەناو
چاڵی چاویاندا بۆگەن دەبێت، زمانیشیان لە
دەمیاندا بۆگەن دەبێت. ١٣لەو ڕۆژەدا لەلایەن
یەزدانەوە تووشی شڵەژانێکی گەورە دەبن، هەر
پیاوە و دەستی نزیکەکەی دەگرێت و دەست لە
یەکتری بەرزدەکەنەوە. ١٤هەروەها یەهوداش لە

[a] ١٠ شیوێك بوو لە دەریاچەی جەلیلەوە هەتا دەریای مردوو.

ئۆرشەلیم شەڕ دەکات. سامانی هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری کۆدەکاتەوە، ڕێژەیەکی زۆری زێڕ و زیو و جلوبەرگ. [15]هەمان ئەو دەردە تووشی ئەسپ و هێستر و وشتر و گوێدرێژ و هەموو ئەو ئاژەڵانە دەبێت کە لە ئۆردوگای دوژمنن.

[16]هەروەها پاشماوەی هەموو نەتەوەکان، ئەوانەی هاتنە سەر ئۆرشەلیم، ساڵ لەدوای ساڵ دێن، تاکو کڕنۆش بۆ پاشا ببەن، یەزدانی سوپاسالار، هەروەها جەژنی کەپرەشینە بگێڕن. [17]ئەگەر هەر نەتەوەیەکی زەوی نەچێتە ئۆرشەلیم بۆ کڕنۆشبردن بۆ پاشا، یەزدانی سوپاسالار، بارانی بۆ نابارێت. [18]ئەگەر گەلی میسر نەیێت و بەشدار نەبێت، بارانیان بۆ نابارێت، ئەو دەردەیان لەسەر دەبێت کە یەزدان لە نەتەوەکانی دەدات، ئەوانەی نایەن بۆ گێڕانی جەژنی کەپرەشینە. [19]ئەمە سزای میسر و هەموو ئەو نەتەوانەیە کە ناچن بۆ ئەوەی جەژنی کەپرەشینە بگێڕن.

[20]لەو ڕۆژەدا ئەمە لەسەر زەنگی ئەسپەکان دەنووسرێت: «پیرۆزی بۆ یەزدان»[a]. مەنجەڵەکانی ماڵی یەزدان وەك تاسەکانی خوێنپرژاندنی بەردەم قوربانگا دەبن. [21]هەر مەنجەڵێك لە ئۆرشەلیم و لە یەهودا پیرۆز دەبێت بۆ یەزدانی سوپاسالار، هەموو ئەوانەی قوربانی سەردەبڕن دێن و دەیانبەن و تێیاندا لێ دەنێن. لەو ڕۆژە بەدواوە کەنعانی[b] لە ماڵی یەزدانی سوپاسالار نابێت.

---

[a] ٢٠ بۆ یەزدان تەرخان کراوە.

[b] ٢١ کەنعانی: دەشێت بازرگان بێت.

# مەلاخی

## کورتە باسێك

**یەزدان دەفەرموێت: «خۆشمویستن.» *(٢:١)*.**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح لەنێوان ساڵانی ٤٥٠-٤٢٥ پ. ز. مەلاخی بە ڕێنمایی خودا ئەو پەڕتووکی نووسییەوە. خودا پێغەمبەر مەلاخی نارد بۆ ئەوانەی کە لە ڕاپێچکراوی گەڕابوونەوە. گەلی خودا لە بارێکی ڕۆحی ترسناکدا بوون و پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەبوو. نەحەمیا و عەزرا هەندێك چاکسازی گرنگیان لە نەریت و سیاسەتدا کرد، مەلاخی هات بۆ ئەوەی خەڵکی بە گرنگییەوە بڕواننە کێشە ڕۆحییەکانیان. کێشەی سەرەکی کە مەلاخی ویستی چارەسەری بکات و بەرەنگاری بێتەوە کێشەکانی پەیوەست بوون بە گەندەڵی کاهینان و گرنگی نەدان بە پەرستگای خودا و ئەو گوناهە تایبەتانەی لە ماڵەکان ئەنجام دەدرێن. پەڕتووکەکە بە پێشبینییەك سەبارەت بە هاتنی مەسیح کۆتایی دێت، هەروەها ئەوەی پێش ئەو دێت بانگەوازی بۆ دەکات، یەحیای کوڕی زەکەریا *(لێرە بە ئیلیا ناوی هاتووە)*. بەو شێوەیە دەبینین کە پەیمانی کۆن لەوە نزیك دەبێتەوە کە خودا لە سەردەمی پەیمانی نوێ ئەنجامی دەدات.

خەڵکی بە ڕاستی لە کارەساتەکانی دیلیێتی پەندیان وەرنەگرتبوو، خودا بۆی نووسیبوون لە ئەنجامی ئەو گوناهانەی ئەنجامیان داوە پێویستە بچنە خاکی دیلیێتی، ئێستاش بە هەمان شێوە هەڵدەگەڕێنەوە. تەڵاق لەنێویان بڵاو بووەوە، خۆویستی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەرەو ستەمکاری چوون، پەرستگا و خواپەرستییان لە پەرستگا پشتگوێ خست، لە هەموو لایەکەوە پێیانەوە دیاربوو کە لەلایەنی ڕۆحییەوە خراپ بوون، مەلاخی گلەییەکەی خستە سەر پیاوە ئایینییە گەورەکان، پێویستە لەسەریان وەك خەڵکی دیکە نەبن و داواکارییەکانی خودا بزانن. تاکە هیوای مەلاخی هاتنی مەسیای داهاتوو بوو، ئەو هەموو شتێك ڕاست دەکاتەوە، چونکە بە پاڵپشتی هێزی خودا دێت.

١ ئەمە فەرمایشتی یەزدانە بە سروش[a] بۆ
ئیسرائیل لەسەر زاری مەلاخی[b]:

## گومان لە خۆشەویستی خودا

[٢]یەزدان دەفەرموێت: «خۆشمویستن.»

«بەڵام ئێوە لێم دەپرسن: ”بە چی خۆشتویستین؟“»

یەزدان دەفەرموێت: «ئایا عیسۆ برای یاقوب نەبوو؟ لەگەڵ ئەوەشدا، یاقوبم خۆشویست، [٣]بەڵام ڕقم لە عیسۆ بووەوە[c]، چیاکانی ئەوم وێران کرد و میراتەکەیم دایە چەقەڵی چۆڵەوانی.»

[٤]ئەگەر ئەدۆم بڵێت: «وردوخاش کراین، بەڵام دەگەڕێینەوە و کاولەکەمان بنیاد دەنێینەوە.»

بەڵام یەزدانی سوپاسالار وا دەفەرموێت: «ئەوان بنیاد دەنێن و منیش دادەڕمێنم. ناویان دەنێن ”خاکە خراپەکارەکە“، ئەو گەلەی کە هەتاهەتایە یەزدان لێی تووڕەیە. [٥]بە چاوی خۆتان دەبینن و دەڵێن: ”یەزدان مەزنە، تەنانەت لەو دیوی سنووری ئیسرائیلیشەوە!“»

## قوربانی کوێر و شەل

[٦]یەزدانی سوپاسالار بە ئێوە دەفەرموێت: «کوڕ ڕێزی باوکی دەگرێت و خزمەتکاریش ڕێزی گەورەکەی. ئەگەر من باوکم، کوا ڕێز لێگرتنم؟ ئەگەر گەورەشم، کوا ترستان لە من؟»

«ئەی کاهینان، ئێوە گاڵتە بە ناوەکەم دەکەن.»

---

[a] ١ فەرموودەیەکی خودایە کە لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە بۆ مرۆڤ هاتبێت.

[b] ١ لە زمانی عیبری مەلاخی واتە پەیامنێرەکەم.

[c] ٣ بە واتای ڕەتکردنەوە.

«بەڵام لێم دەپرسن: ”چۆن گاڵتەمان بە ناوی تۆ کردووە؟“

[٧]«بە پێشکەشکردنی نانی گڵاو لەسەر قوربانگاکەم.

«بەڵام ئێوە لێم دەپرسن: ”چۆن گڵاومان کردوویت؟“

«بەوەی کە دەڵێن، خوانی یەزدان مایەی گاڵتە پێکردنە. [٨]کاتێك ئاژەڵی کوێر وەك قوربانی پێشکەشی دەکەن، ئایا ئەمە بەدکاری نییە؟ کاتێك ئاژەڵی شەل و نەخۆش پێشکەش دەکەن، ئایا ئەمە بەدکاری نییە؟ ئێستاش پێشکەشی بکەن بە فەرمانڕەواکەتان، ئایا لێتان ڕازی دەبێت؟ ئایا سەربەرزتان دەکات؟» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[٩]«ئێستاش لە یەزدان بپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵمان میهرەبان بێت. بە قوربانی وەك ئەمانە، ئایا لێتان ڕازی دەبێت؟» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[١٠]یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت: «خۆزگە کەسێك لەنێو ئێوەدا دەروازەکانی پەرستگا دابخات، تاکو لەخۆڕا ئاگر لەسەر قوربانگاکەم نەکەنەوە! پێتان دڵخۆش نیم. لە قوربانی دەستتان ڕازی نیم. [١١]لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا، لەنێو نەتەوەکان ناوم مەزن دەبێت. لە هەموو شوێنێك بخوور دەسووتێنن و قوربانی بێگەرد بۆ من پێشکەش دەکەن، چونکە لەنێو نەتەوەکان ناوم مەزن دەبێت.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[١٢]«بەڵام ئەی کاهینان، ئێوە ناوی من گڵاو دەکەن کە دەڵێن: ”خوانی پەروەردگار گڵاوە،“ هەروەها ”خۆراکەکەی سەری قێزەونە.“ [١٣]دەڵێن: ”لەمە ماندوو بووین!“ سووکایەتی پێ دەکەن.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

«کاتێك ئاژەڵی زەوتکراو و شەل و نەخۆشتان هێنا، ئاوا قوربانی پێشکەش دەکەن، ئایا لێتان ڕازی دەبم؟» ئەمە فەرمایشتی یەزدانە. [١٤]«نەفرەت لێکراوە ئەو فێڵبازەی کە لە مێگەلەکەی نێرینەی ساغ هەیە و نەزر[a] دەکات، بەڵام ئاژەڵێکی عەیبدار بۆ پەروەردگار دەکاتە قوربانی، چونکە من پاشایەکی مەزنم، ناوەکەشم لەنێو نەتەوەکاندا سامناك دەبێت.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

## ئاگادارکردنەوە بۆ کاهینەکان

٢ «ئێستاش، ئەی کاهینەکان، ئەم ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئێوەیە: [٢]ئەگەر گوێ نەگرن و ئەگەر مکوڕ نەبوون لەسەر ئەوەی ڕێز لە ناوەکەم بگرن، نەفرەت دەنێرمە سەرتان و نەفرەت لە بەرەکەتەکانتان دەکەم. بەڵکو لەڕاستیدا نەفرەتم لێکردوون، چونکە مکوڕ نین لەسەر ئەوەی ڕێز لە ناوی من بگرن.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[٣]«لە بەر ئێوە نەوەکانتان سەرزەنشت دەکەم، ڕیخی قوربانی جەژنەکانتان بە دەموچاوتاندا دەکەم، جا لەگەڵیدا فڕێدەدرێن. [٤]ئینجا دەزانن کە من ئەم ئاگادارکردنەوەیەم بۆ ئێوە نارد، بۆ ئەوەی پەیمانەکەم لەگەڵ لێڤی بەردەوام بێت.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە. [٥]«پەیمانەکەم لەگەڵی بۆ ژیان و ئاشتی بوو، جا هەردووکیانم پێدا، بۆ ئەوەی ڕێزم لێ بگرێت. ڕێزی لێم گرت و لە ناوەکەم ترسا. [٦]فێرکردنی ڕاست لەسەر زاری بوو، ناڕەوایی لەسەر لێوەکانی نەبوو. بە ئاشتی و بە ڕێکی دۆستایەتی لەگەڵم کرد و خەڵکێکی زۆریشی لە خراپە گەڕاندەوە.

[٧]«لەبەر ئەوەی دەبێت لێوەکانی کاهین زانین بپارێزن، خەڵك دێنە لای بۆ ئەوەی لە دەمی ئەو فێرکردنەکە بزانن، چونکە ئەو نێردراوی یەزدانی سوپاسالارە. [٨]بەڵام ئێوە لە ڕێگاکە لاتاندا و فێرکردنەکانتان بۆ زۆر کەس بووە کۆسپ، پەیمانی لێڤیشتان شکاند.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی

[a] ١٤ نەزر: داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەمیش ئەو کارە ئەنجام دەدات کە پێیەوە پابەندی کردووە. بڕوانە سەرژمێری ٢:٢١.

سوپاسالارە. [٩]«لەبەر ئەوە من لەلای هەموو گەلەکە ڕیسوام کردن و سووکایەتیم پێکردن، چونکە ڕێگاکانی منتان نەگرتەبەر و لایەنگریتان کرد لە جێبەجێکردنی فێرکردنەکە.»

## ناپاکی یەهودا

[١٠]ئایا هەموومان یەك باوکمان نییە؟ ئایا یەك خودا بەدیی نەهێناوین؟ ئیتر بۆچی بە ناپاکی لەگەڵ یەکتری پەیمانی باوباپیرانمان دەشکێنین؟

[١١]یەهودا ناپاکی کرد. شتێکی قێزەون لە ئیسرائیل و لە ئۆرشەلیم ئەنجام درا: ژنیان هێنا لەو ژنانەی کە خوداوەندێکی بێگانە دەپەرستن، بەم شێوەیە یەهودا پەرستگای یەزدانی گڵاوکرد، ئەوەی خۆشی دەویست. [١٢]هەرکەسێك کە ئەمە دەکات با یەزدانی سوپاسالار هیچ نەوەیەکی لە چادرەکانی یاقوب بۆ نەهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر قوربانیش پێشکەش بە یەزدان بکات.

[١٣]شتێکی دیکە کە دەیکەن: بە فرمێسك قوربانگای یەزدان دادەپۆشن، بە گریان و هاوار، چونکە وەك جاران قوربانی ئێوە جێی ڕەزامەندی یەزدان نییە و بە پەسەند لە دەستتان وەرناگرێت. [١٤]ئێوە لێم دەپرسن: «لەبەر چی؟» لەبەر ئەوەی یەزدان شایەتە لەنێوان تۆ و ژنەکەی تەمەنی گەنجیت، کە ناپاکیت لەگەڵی کرد، هەرچەندە ئەو هاوسەرتە و ئەو ژنەیە کە پەیمانی هاوسەرگیریت لەگەڵی هەیە.

[١٥]ئایا خودا نەیکردنە یەك؟ ئێوە بە جەستە و بە ڕۆح هی خودان. ئیتر خودا داوای چی دەکات؟ نەوەی لەخواترستان هەبێت. لەبەر ئەوە بە ڕۆح ئاگاداری خۆتان بن و ناپاکی لە ژنی تەمەنی گەنجیەتیتان مەکەن.

[١٦]یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل دەفەرموێت: «ڕقم لە تەڵاقە، هەروەها ڕقم لەوەیە کە توندوتیژی لە دژی ژنەکەی دەکات.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

ئینجا بە ڕۆح ئاگاداری خۆتان بن و ناپاکی مەکەن.

## ڕۆژی حوکمدان

[١٧]بە قسەکانتان یەزدانتان ماندوو کرد.
ئێوە دەپرسن: «بە چی ماندوومان کرد؟»
بەوەی کە گوتتان: «ئەوەی خراپە بکات، لەبەرچاوی یەزدان چاکە، ئەو بەوان دڵخۆشە،» یان «خودای دادپەروەری لەکوێیە؟»

٣ «من نێردراوی خۆم دەنێرم، ئەوەی ڕێگاکەی پێشم بۆ ئامادە دەکات. لەناکاو ئەو پەروەردگارەی کە ئێوە داوای دەکەن، دێتە ناو پەرستگاکەی؛ بێگومان نێردراوەکەی پەیمانیش دێت کە دڵتان پێی خۆشە.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

[٢]«بەڵام کێ بەرگەی ڕۆژی هاتنی دەگرێت؟ کێ خۆی ڕادەگرێت لە دەرکەوتنی؟ چونکە ئەو وەك ئاگری پاڵاوگە و وەك سابوونی جل شوشتنە. [٣]وەك پاڵێوەر و بێگەردکاری زیو دادەنیشێت، نەوەی لێڤی پاك دەکاتەوە و وەك زێڕ و زیو دەیپاڵێوێت. ئینجا یەزدان خەڵکێکی دەبێت کە بە ڕاستودروستی قوربانی پێشکەش دەکەن. [٤]ئیتر قوربانی یەهودا و ئۆرشەلیم لەلای یەزدان قبوڵ دەبێت، هەروەك ڕۆژانی دێرین، ساڵانی ڕابردوو.

[٥]«ئینجا بۆ دادگاییکردن دێمە لاتان. خێرا دەبمە شایەت لەسەر سیحرباز و داوێنپیسان، لەسەر ئەوانەی بە درۆ سوێند دەخۆن، لەسەر ئەوانەی پارەی کرێکار دەخۆن، لەسەر ئەوانەی مافی بێوەژن و هەتیو زەوت دەکەن، لەسەر ئەوانەی دەست بە ڕووی کەسی نامۆوە دەنێن و لە من ناترسن.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

## تاڵانکردنی خودا

[٦]«من یەزدانم، ناگۆڕێم، ئیتر ئەی نەوەی یاقوب، ئێوە لەناو نەچوون. [٧]لە سەردەمی باوباپیرانتانەوە لە فەرزەکانم لاتان داوە و بەجێتان نەهێناوە. بگەڕێنەوە لام، منیش دەگەڕێمەوە لاتان.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.

«بەڵام ئێوە دەپرسن: "چۆن بگەڕێینەوە؟"

٨«ئایا مرۆڤ خودا تاڵان دەکات؟ چونکە ئێوە
تاڵانتان کردم!
«بەڵام ئێوە گوتتان: ”چۆن تاڵانمان کردی؟“
«لە دەیەك و قوربانییەکان تاڵانتان کردم.
٩ئێوە، هەموو ئەم نەتەوانە، بە نەفرەت نەفرەتتان
لێکراوە، چونکە تاڵانم دەکەن.» ١٠یەزدانی سوپاسالار
دەفەرمووێت: «تاقیم بکەنەوە: هەموو دەیەکەکان
بۆ ماڵی خەزینە بهێنن، تاکو لە پەرستگاکەم خواردن
هەبێت. ئینجا بزانن چۆن پەنجەرەکانی ئاسمانتان بۆ
دەکەمەوە و بەرەکەت بەسەرتاندا دەبارێنم، هەتا
جێ نەبێت تێی بکەن. ١١لەبەر ئێوە ڕێ لە مێروو
دەگرم، هەتا بەروبوومی زەوییەکەتان تێکنەدات، دار
مێوتان لە کێڵگە بێ بەر نەبێت.» ئەمە فەرمایشتی
یەزدانی سوپاسالارە. ١٢«ئینجا هەموو نەتەوەکان
خۆزگەتان پێ دەخوازن، چونکە خاکەکەتان دەبێتە
خاکی شادی.» ئەمە فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.
١٣یەزدان دەفەرمووێت: «قسەکانتان لەسەر من
ڕەق بوون.»
«ئێوەش دەپرسن: ”چیمان لەسەر تۆ گوتووە؟“
١٤«ئێوە گوتتان: ”بەندایەتی خودا بێهوودەیە.
چ سوودێکی هەبوو کە فەرمانەکانی ئەومان
پاراستووە و بە خەمبارییەوە لەبەردەم یەزدانی
سوپاسالار ژیانمان گوزەراندووە؟ ١٥بەڵام ئێستا
ئێمە خۆزگە بە لووتبەرزان دەخوازین. هەروەها
بەدکاران سەرکەوتوون، تەنانەت ئەوانەی خودا تاقی
دەکەنەوە، دەرباز دەبن.“»
١٦ئینجا ئەوانەی لە یەزدان دەترسان قسەیان
لەگەڵ یەکتری کرد، یەزدانیش گوێی شل کرد و
گوێی لێبوو. لەبەردەمیدا لە پێچراوەیەك تۆمار کرا،
بۆ ئەوەی ببێتە یادەوەرییەك بۆ ئەوانەی لە یەزدان
دەترسن و ڕێز لە ناوەکەی دەگرن.
١٧یەزدانی سوپاسالار دەفەرمووێت: «ئەوانە دەبنە
هی من، لەو ڕۆژە دەبنە گەنجینەیەکی تایبەتی من.
بەزەییم پێیاندا دێتەوە وەك چۆن پیاو بەزەیی بە
کوڕەکەی دێتەوە کە خزمەتی دەکات. ١٨ئینجا دیسان
جیاوازی لەنێوان ڕاستودروستان و خراپەکاراندا
دەبینن، لەنێوان ئەوانەی بەندایەتی خودا دەکەن و
ئەوانەی نایکەن.»

## ڕۆژی یەزدان

٤ یەزدانی سوپاسالار دەفەرمووێت: «بێگومان
ئەو ڕۆژە دێت کە وەك تەنوور داگیرساوە.
جا هەموو لووتبەرزان و هەموو بەدکاران دەبنە
پوشوپەڵاش، ئەو ڕۆژەش کە دێت دەیانسووتێنێت.
نە ڕەگ و نە لقیان بۆ نامێنێتەوە. ٢ئەی ئەوانەی لە
ناوەکەم دەترسن، بەڵام ئێوە خۆری ڕاستودروستیتان
لێ هەڵدێت و تیشکەکانی دەبێتە هۆی چاکبوونەوە.
جا دێنە دەرەوە و قەڵەمباز دەدەن وەك چۆن
جوانەگای قەڵەو لە تەویلە بەڕەڵا دەکرێن. ٣ئینجا
لەو ڕۆژەی ئەوە دەکەم، ئێوە خراپەکاران پێشێل
دەکەن، دەبنە خۆڵەمێش لەژێر نەعلی پێتان.» ئەوە
فەرمایشتی یەزدانی سوپاسالارە.
٤«تەوراتی موسای بەندەی منتان لە یاد بێت،
فەرز و حوکمەکان، کە من لە حۆرێڤ فەرمانم پێی
کرد بۆ هەموو ئیسرائیل.
٥«گوێ بگرن، بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی
یەزدان بێت، من ئەلیاسی پێغەمبەرتان بۆ دەنێرم.
٦دڵی باوکان بۆ منداڵ و دڵی منداڵان بۆ باوك
دەگەڕێنێتەوە، نەوەك بێم و خاکەکە بە تەواوی
وێران بکەم.»

# پەیمانی نوێ

## پێشەکی پەیمانی نوێ

پەیامی مەسیح مزگێنیی ڕزگاربوون لە گوناه و بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتاییە و مزگێنیی هاتنی پاشایەتی خودایە لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە. عیسا ئەو مزگێنییەی ڕاگەیاند و لەدوای هەستانەوەی، قوتابییەکانی بەردەوام بوون لە ڕاگەیاندنی. لە زمانی یۆنانی وشەی مزگێنی پێی دەگوترێت «یوەنجیلیۆن»، کە لە زمانی کوردی بۆ ئاسانی دەربڕین بووەتە «ئینجیل». عیسا خۆی پەیامێکی نووسراوی ڕانەگەیاندووە، بەڵام پێش لەخاچدانی بەڵێنی بە قوتابییەکانی دا کە لەدوای خۆی ڕۆحی پیرۆزیان بۆ دەنێرێت تاکو هەموو شتێکیان فێر بکات و هەموو وتەکانی مەسیحیان بیربخاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بینووسنەوە (یۆحەنا ١٤:٢٦).

عیسا فێرکردنەکانی بە شێوەیەك دایە قوتابییەکان کە ئاسان بێت بۆ بەبیرهاتنەوە و فێرکردنی خەڵکی دیکە. قوتابییەکانیش هەموو ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیبوو، بە تایبەتی لەخاچدان و هەستانەوەکەی لەدوای مردنی. پەنجا ڕۆژ لەدوای لەخاچدانی عیسا، بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز هاتە دی. لەو کاتەوە قوتابییەکانی دەستیان کرد بە ڕاگەیاندنی مزگێنیی پاشایەتی خودا و فێرکردنی خەڵکی بەو پەیامەی عیسا فێری کردبوون. بە ڕابەرایەتی ڕۆحی پیرۆز چوار کەس (مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یۆحەنا) هەستان بە نووسینەوەی ئەم مزگێنییە. لەو نووسراوانەدا ژیان و فێرکردن و پەرجوو و لەخاچدانی عیسا تۆمار کراوە و بە هەستانەوەی عیسا لەنێو مردووان و بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان کۆتاییان هاتووە. ئەم نووسراوانە بۆ خوێنەری جۆراوجۆر نووسراون. بۆ نموونە: یۆحەنا بۆ ئەوەی نووسیوە تاکو خوێنەری بێباوەڕ بهێنێتە باوەڕ، لۆقا بۆ چەسپاندنی خوێنەری باوەڕدار لەوەی فێری بووە؛ لەبەر ئەوە شێوازەکانی نووسینیان جیاوازە.

خودا لە ڕێگەی پەیمانی نوێ و بەهۆی باوەڕهێنان بە مەسیح، مرۆڤی لە کۆیلایەتی گوناه ڕزگار کرد. عیسای مەسیح خۆی کردە قوربانی و خوێنی خۆی لە پێناوی هەموو مرۆڤایەتی ڕشت تاکو هەموو کەسێك بتوانێت ژیانی هەتاهەتایی وەربگرێت و چیتر پێویست نەکات مرۆڤ بۆ بەخشینی گوناهەکانی قوربانی پێشکەش بکات. پەیمانی نوێ مزگێنیی بەپاشابوونی عیسا و سەرکەوتنی بەسەر شەیتاندا ڕادەگەیەنێت. ئەمەش بە مردنی عیسا لەسەر خاچ هاتە دی. ئەم سەرکەوتنەشی بە هەستانەوە لەنێو مردووان ڕاگەیاند. بەم شێوەیە لێخۆشبوونی گوناهی بەخۆڕایی پێبەخشین. هەروەها ژیانی جاویدانی پێبەخشین کە ناوەڕۆکەکەی ناسینی خودای هەتاهەتاییە وەکو باوکێکی ئاسمانی. باوەڕهێنان و تۆبەکردن و ستایشکردن بە وتە و بە کردار کاردانەوەی ئەو کەسانەیە کە گوێڕایەڵی پەیامی خودا دەبن.

ئینجیلی پیرۆز لە بیست و حەوت پەڕتووك پێکهاتووە کە مێژووی زۆربەی نووسراوەکانی مەزەندە دەکرێت بە ٢٥–٥٠ ساڵ لەدوای بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان. ئەم پەڕتووکانە بە شێوەیەکی بابەتییانە ڕێکخراون نەك زەمەنییانە، لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

مزگێنی: چوار پەڕتووکی یەکەم لە مزگێنی پێکهاتوون.

کردار: لەدوای چوار پەڕتووکەکەی مزگێنی، پەڕتووکی کرداری نێردراوان دێت کە دووەم نووسراوی لۆقایە. ئەم پەڕتووکە بە دەرکەوتنی عیسا بۆ قوتابییەکانی دەستپێدەکات لەدوای هەستانەوەی لەنێو مردووان، پاشان لە ماوەی سی ساڵی دوای ئەمە مزگێنیی مەسیح لە ئۆرشەلیمەوە هەتا ڕۆما بڵاو دەبێتەوە.

نامەکان: لەدوای ئەمە بیست و یەك نووسراو دێن کە لە شێوەی نامەن، سێزدەیان پۆڵس نووسیونی، نامەکانی دیکەش لەلایەن یاقوب و پەترۆس و یۆحەنا و یەهوداوە نووسراون. نامەی یەکەم نزیکەی بیست ساڵ لەدوای هەستانەوەی عیسا نووسراوە. نامەکانی پەیمانی نوێ پڕن لە فێرکردنەکانی مەسیح. نێردراوەکان بە دەسەڵاتی مەسیح، کڵێساکانیان ئاراستە کردووە.

ئاشکراکردن: دوا نووسراویش پەڕتووکی ئاشکراکردنەکەی یۆحەنایە. ئەمەش بە حەوت نامە دەستپێدەکات بۆ کڵێساکانی هەرێمی ئاسیای ڕۆمانی کە باشوور و ڕۆژئاوای وڵاتی تورکیای ئێستا دەگرێتەوە. لەم پەڕتووکەدا لە شێوەی ئاشکراکردنی هێمایی خواست و کرداری خودا لەسەر زەوی ڕادەگەیەنێت.

هەر بیست و حەوت پەڕتووکەکەی پەیمانی نوێ بە زمانی یۆنانی نووسراون، چونکە لەو سەردەمەدا زمانی کەلتور و ژیاری و فەرمی بووە لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی.

# مزگێنی بەپێی نووسینی مەتا

## کورتە باسێك

مەتا جولەکەیەکی باجگر بوو، مەسیح بانگی کرد ببێتە یەکێك لە قوتابییەکانی. باوەڕی هێنا و وازی لە کارەکەی هێنا و بووە شوێنکەوتەی عیسا (بڕوانە مەتا ٩:٩-١٣). بە سروشی (وەحی) ڕۆحی پیرۆز پەیامی مژدەی مەسیح و سەربوردەی ژیانی ئەوی نووسییەوە، زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە باسی دەکات بە چاوی خۆی بینیویەتی. مێژووی نووسینەوەکەی دیار نییە، بەڵام بە ساڵی (٦٠–٦٥ ز.) مەزەندە دەکرێ.

ئامانجی سەرەکی لە نووسینەکەی ئەوە بووە کە بیسەلمێنێ عیسا ئەو مەسیحەیە کە گەلی خودا چاوەڕێی هاتنی بوون. یەکێك لە گرنگترین ڕستەکانیش کە نووسیویەتییەوە ئەو قسەیەی مەسیحە کە فەرموویەتی: «وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران بسڕمەوە... بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێك یان خاڵێك لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتە دی» ٥:‏١٧-١٨. پەیامەکەی ئاراستەی جولەکەکان کردووە، هەوڵی داوە تیشك بخاتە سەر ئەو لایەنەی ژیانی عیسا کە هەموو پێشبینییەکانی پێغەمبەران دەربارەی مەسیح لە ئەودا هاتوونەتە دی و ڕەچەڵەکەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ داود و ئیبراهیم. ئەو پاشایەی جولەکەکان چاوەڕێیان دەکرد لەژێر دەستی داگیرکەران ڕزگاریان بکات. بەڵام کە هات چاوەڕێی پاشایەکی زەمینی بوون، نەك ئەو پاشا ئاسمانییەی کە لە داهاتوو بۆ هەتاهەتایە پاشایەتی دەکات، لەبەر ئەوە بەشداربوون لە لەخاچدان و کوشتنی.

نووسراوەکەی مەتا لەپێشەوەی هەموو نووسراوەکانی پەیمانی نوێ دانراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی بە پردێك دادەنرێ لەنێوان پەیمانی نوێ و نووسراوی پێغەمبەرانی کۆن.

## بنەچەی عیسا

١ ئەمە ڕەچەڵەکی عیسای مەسیحە، کوڕی داود، کوڕی ئیبراهیم:

٢ ئیبراهیم باوکی ئیسحاق بوو،
ئیسحاق باوکی یاقوب بوو،
یاقوب باوکی یەهودا و براکانی بوو،
٣ یەهودا باوکی پێرێز و زەرەح بوو، تامار دایکیان بوو،
پێرێز باوکی حەسرۆن بوو،
حەسرۆن باوکی ڕام[a] بوو،
٤ ڕام باوکی عەمیناداب بوو،
عەمیناداب باوکی نەحشۆن بوو،
نەحشۆن باوکی سەلمۆن بوو،
٥ سەلمۆن باوکی بۆعەز بوو کە ڕاحاب دایکی بوو،

[a] ٣ یۆنانی: ئارام، بەڵام لە زمانی عیبری (ڕام). بڕوانە ڕائووس ٤:‏١٩.

بۆعەز باوکی عوبێد بوو کە ڕائووس دایکی بوو،
عوبێد باوکی یەسا بوو،
٦ یەسا باوکی داودی پاشا بوو.

داود باوکی سلێمان بوو لەو ژنەی هی ئوریا[b] بوو،
٧ سلێمان باوکی ڕەحەڤەعام بوو،
ڕەحەڤەعام باوکی ئەبیا بوو،
ئەبیا باوکی ئاسا بوو،
٨ ئاسا باوکی یەهۆشافات بوو،
یەهۆشافات باوکی یەهۆرام بوو،
یەهۆرام باوکی عوزیا بوو،
٩ عوزیا باوکی یۆتام بوو،
یۆتام باوکی ئاحاز بوو،
ئاحاز باوکی حەزقیا بوو،
١٠ حەزقیا باوکی مەنەشە بوو،
مەنەشە باوکی ئامۆن بوو،

[b] ٦ دایکی سلێمان لەدوای کوژرانی ئوریا بووە ژنی داود.

ئامۆن باوکی یۆشیا بوو،
١١ یۆشیا باوکی یەهۆیاکین[a] و براکانی بوو، لە
کاتی ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل.

١٢ لەدوای ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل،
یەهۆیاکین باوکی شەئەلتییێل بوو،
شەئەلتییێل باوکی زروبابل بوو،
١٣ زروبابل باوکی ئەبیهود بوو،
ئەبیهود باوکی ئەلیاقیم بوو،
ئەلیاقیم باوکی ئازور بوو،
١٤ ئازور باوکی سادۆق بوو،
سادۆق باوکی ئەکیم بوو،
ئەکیم باوکی ئەلیهود بوو،
١٥ ئەلیهود باوکی ئەلعازار بوو،
ئەلعازار باوکی مەتان بوو،
مەتان باوکی یاقوب بوو،
١٦ یاقوب باوکی یوسفی مێردی مریەم بوو، ئەوەی
عیسای لێبوو، کە بە مەسیح[b] ناودەبردرێت.

١٧ بەم شێوەیە هەموو نەوەکان لە ئیبراهیمەوە
هەتا داود چواردە نەوەن، لە داودەوە هەتا
ڕاپێچکردنەکە بۆ بابل چواردە نەوەن، لە
ڕاپێچکردنەکەشەوە بۆ بابل هەتا مەسیح چواردە
نەوەن.

## لەدایکبوونی عیسا

١٨ لەدایکبوونی عیسای مەسیح بەم شێوەیە بوو:
کاتێك مریەمی دایکی لە یوسف مارەبڕاو بوو،
پێش ئەوەی بیگوازێتەوە، دەرکەوت کە لە ڕێگەی
ڕۆحی پیرۆز سکی پڕبووە. ١٩ یوسفی دەستگیرانی کە
پیاوچاك بوو، نەیویست ئابڕووی ببات، بڕیاری دا بە
نهێنی دەستی لێ هەڵبگرێت.

[a] ١١ یۆنانی: یەکنیا، بەڵام عیبرییەکە لە پەیمانی کۆندا یەهۆیاکینە، بڕوانە دووەم پاشایان ٦:٢٤.

[b] ١٦ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

٢٠ کاتێك بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی
یەزدان هاتە خەونی و پێی فەرموو: «ئەی یوسفی
نەوەی داود، مەترسە مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی
ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە. ٢١ کوڕێکی
دەبێت ناوی دەنێیت عیسا[c]، چونکە گەلەکەی لە
گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.»
٢٢ ئەمانە هەمووی ڕوویدا، هەتا ئەوەی یەزدان
لە ڕێگەی پێغەمبەرەکە[d] فەرموویەتی بێتە دی:
٢٣ ﴿ئەوەتا پاکیزەیەك سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت،
ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل.﴾[e] واتە: خودا لەگەڵمانە.
٢٤ کاتێك یوسف لە خەو هەستا، ئەوەی
فریشتەکەی یەزدان فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا
و ژنەکەی گواستەوە. ٢٥ بەڵام هەتا کوڕەکەی نەبوو
لەگەڵی جووت نەبوو، ئینجا ناوی لێنا عیسا.

## مۆغەکان سەردانی مەسیح دەکەن

٢ لەدوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی
یەهودیا[f]، لە سەردەمی شا هێرۆدس[g]،
هەندێك مۆغ[h] لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم،
٢ پرسییان: «کوا ئەوەی لەدایك بووە کە پاشای
جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی،
هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.»
٣ کاتێك شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا
و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان.
٤ هەموو کاهینانی[i] باڵا و مامۆستایانی تەوراتی[j]

[c] ٢١ یۆنانی: یێسوس. عیبری: یەشوع. واتە (خودا ڕزگار دەکات.)

[d] ٢٢ مەبەست لە پێغەمبەر ئیشایایە.

[e] ٢٣ئیشایا١٤:٧

[f] ١ لە پەیمانی کۆن ناوی یەهودا بووە.

[g] ١ شا هێرۆدس: هێرۆدسی گەورە لە ٣٧-٤ پ. ز. پاشای یەهودیا بوو.

[h] ١ بە زمانی یۆنانی پێی دەگوترێت مەغۆس. مۆغان پیاوانی ئایینی زەردەشتی بوون کە ئەستێرەناسیش بوون.

[i] ٤ کاهین: پیاوێکی ئایینی جولەکەیە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی قوربانی کردن لەناو پەرستگا و فێرکردنی خەڵك.

[j] ٤ مالم.

گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: «مەسیح لەکوێ لە دایك دەبێت؟» ٥وەڵامیان دایەوە: «لە بێتلەحم لە یەهودیا، چونکە لە ڕێی پێغەمبەرەکەوە[a] ئاوای نووسیوە:

٦«﴿بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا،
کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا،
چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەك دەردەکەوێت،
شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.﴾[b]»

٧هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. ٨ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێی گوتن: «بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگەڕێن. کاتێك دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.»

٩لەدوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت هەتا لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. ١٠بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادمان بوون، ١١چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان[c] بە دیاری پێشکەش کرد. ١٢ئینجا خودا لە خەوندا مۆغەکانی ئاگادار کردەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

## هەڵاتن بەرەو میسر

١٣کە ڕۆیشتن، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی یوسف و گوتی: «هەستە منداڵەکە و دایکی ببە و ڕاکە بۆ میسر. لەوێ بمێنەوە هەتا پێت دەڵێم، چونکە هێرۆدس خەریکە بە شوێن منداڵەکەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بیکوژێت.» ١٤ئەویش هەستا و لە شەودا منداڵەکە و دایکی برد و بەرەو میسر ڕۆیشت. ١٥هەتا مردنی هێرۆدس لەوێ مایەوە، هەتا ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە[d] فەرموویەتی بێتە دی، کە دەفەرموێ: ﴿لە میسرەوە بانگی کوڕەکەی خۆمم کرد.﴾[e]

١٦کاتێك هێرۆدس زانی مۆغەکان فریویان داوە، زۆر تووڕە بوو. بەگوێرەی ئەو کاتەی لە مۆغەکانەوە لێی کۆڵیبووەوە، ناردی و هەموو کوڕێکی تەمەن دوو ساڵ بەرەو خوارتر لە بێتلەحم و دەوروبەری کوشت. ١٧ئینجا ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر یەرمیا گوترابوو هاتە دی:

١٨﴿دەنگێك لە ڕامەوە بیسترا،
گریان و شیوەنێکی گەورە،
ڕاحێل[f] بۆ منداڵەکانی دەگرییێت،
ڕازی نییە دڵنەوایی بکرێت،
چونکە نەماون.﴾[g]

## گەڕانەوە بۆ شاری ناسیرە

١٩کاتێك هێرۆدس مرد، فریشتەیەکی یەزدان لە میسر هاتە خەونی یوسف و ٢٠گوتی: «هەستە، منداڵەکە و دایکی ببە و بڕۆ بۆ خاکی ئیسرائیل، چونکە ئەوانەی بۆ ژیانی منداڵەکە دەگەڕان مردن.»

٢١ئەویش هەستا، منداڵەکە و دایکی برد و گەڕایەوە خاکی ئیسرائیل. ٢٢بەڵام کاتێك بیستی ئەرخیلاوس لە یەهودیا لە جێی هێرۆدسی باوکی فەرمانڕەوایە، ترسا بچێتە ئەوێ. دوای ئەوەی لە خەوندا ئاگادار کرایەوە، گەڕایەوە ناوچەی جەلیل. ٢٣جا هات و لە شارۆچکەیەك نیشتەجێ بوو بە ناوی ناسیرە، هەتا ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەران گوترابوو بێتە دی: ﴿بە ناسیرەیی ناودەبردرێت.﴾

---

[a] ٥ مەبەست لە پێغەمبەر میخایە.

[b] ٦ میخا ٥:٢

[c] ١١ موڕ: بەکاردەهێنرا لە ئامادەکردنی تەرم بۆ ناشتن، بڕوانە یۆحەنا ١٩:٣٩.

[d] ١٥ مەبەست لە پێغەمبەر هۆشەعە.

[e] ١٥ هۆشەع ١١:١.

[f] ١٨ ڕاحێل یەکێکە لە ژنەکانی حەزرەتی یاقوب، دایکی یوسف و بنیامینە، لێرەدا هێمایە بۆ دایکە بنیامینییەکان.

[g] ١٨ یەرمیا ٣١:١٥

## حەزرەتی یەحیا

٣ هەر لەو ڕۆژانەدا، یەحیای لەئاوهەڵکێش[a]
لە دەشتی یەهودیا دەرکەوت و پەیامی
خودای ڕادەگەیاند، ٢دەیگوت: «تۆبە بکەن، چونکە
پاشایەتی ئاسمان نزیك بووەتەوە.» ٣ئەمەش ئەوەیە
کە لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە دەربارەی گوتراوە:

﴿کەسێك لە چۆڵەوانی هاوار دەکات و دەڵێت:
«ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن،
ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.»﴾[b]

٤جلوبەرگی یەحیا لە مووی وشتر بوو، پشتێنێکی
چەرمیشی لە کەمەری دەبەست، خواردنیشی کوللە
و هەنگوینی کێوی بوو. ٥ئیتر خەڵکی ئۆرشەلیم و
تەواوی یەهودیا و هەموو ناوچەکانی دەوروبەری
ڕووباری ئوردون هاتنە لای، ٦لەسەر دەستی ئەو لە
ڕووباری ئوردون لە ئاو هەڵدەکێشران و دانیان بە
گوناهەکانیاندا دەنا.
٧کە بینی زۆر لە فەریسی[c] و سەدوقی[d] بۆ
لەئاوهەڵکێشانەکەی[e] دێن، پێی گوتن: «ئەی
بێچووە ماران، کێ ئاگاداری کردوونەتەوە لە دەست
تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟ ٨با بەرهەمێکتان هەبێت
لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. ٩پێتان وا نەبێت دەتوانن
بەخۆتان بڵێن: ”ئیبراهیم باوکمانە.“ پێتان دەڵێم،
خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم
دروستبکات. ١٠ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار،
هەر دارێك بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و
فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە.
١١«من بۆ تۆبەکردن لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام
ئەوەی لەدوای من دێت، لە من بەتواناترە، شایانی
ئەوە نیم پێڵاوەکانی بۆ هەڵبگرم. ئەو لە ڕۆحی پیرۆز
و لە ئاگرتان هەڵدەکێشێت[f]. ١٢شەنی بەدەستەوەیە
بۆ پاککردنەوەی جۆخینەکەی[g]، گەنمەکە لە ئەمباردا
کۆدەکاتەوە و قەسەڵەکەش[h] بە ئاگرێکی نەکوژاوە
دەسووتێنێت.»

## لەئاوهەڵکێشانی عیسا

١٣ئینجا عیسا لە جەلیلەوە هاتە ئوردون،
تاکو لەسەر دەستی یەحیا لە ئاو هەڵبکێشرێت.
١٤بەڵام یەحیا دەیویست ڕایگرێت و دەیگوت:
«من پێویستیم بەوەیە لەسەر دەستی تۆ لە ئاو
هەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێیت بۆ لای من؟»
١٥عیساش وەڵامی دایەوە: «ئێستا ڕێگا بدە،
چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە هەتا هەموو
ڕاستودروستییەك[i] تەواو بکەین.» ئینجا ڕێی دا.
١٦کاتێك عیسا لە ئاو هەڵکێشرا، دەستبەجێ لە
ئاوەکە هەستایەوە. ئەوە بوو ئاسمانی بۆ کرایەوە
و بینی ڕۆحی خودا وەك کۆترێك نیشتەوە و هاتە
سەری. ١٧دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: «ئەمە
کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.»

## تاقیکردنەوەی عیسا

٤ پاشان عیسا بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بردرایە
چۆڵەوانی، تاکو لەلایەن ئیبلیسەوە تاقی
بکرێتەوە. ٢دوای چل شەو و چل ڕۆژ بەڕۆژوو بوون،
برسی بوو. ٣تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش، پێی گوت:

[a] ١ یەحیا بەم نازناوە ناسراوە بەهۆی ئەوەی کە لە ڕووباری ئوردون ئەو خەڵکەی لە ئاو هەڵدەکێشا کە تۆبەیان دەکرد.

[b] ٣ ئیشایا ٤٠:٣

[c] ٧ یان پەرەشین، مەزەبێکی جولەکە بوون، لە بەجێگەیاندنی تەورات توندڕەو بوون.

[d] ٧ مەزەبێکی جولەکە بوون کە زۆربەیان کاهین بوون، باوەڕیان بە فریشتە و هەستانەوە نەبوو.

[e] ٧ یۆنانی: باپتسمە، بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناه، وەك (بسمیلکردن).

[f] ١١ بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناه بەهۆی ڕۆحی پیرۆز.

[g] ١٢ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[h] ١٢ قەسەڵ لاسکە وشکەکەیە کە دوای دروێنە دەمێنێتەوە، کاتێك قەسەڵەکە دەکوترێت دەبێت بە کا.

[i] ١٥ مەبەست ئەوەیە کە دەبێت هەموو شتێك بەگوێرەی خواستی خودا پەیڕەو بکرێت.

«ئەگەر تۆ کوڕی خودایت[a]، بەم بەردانە بڵێ با ببن
بە نان.»
٤ بەڵام عیسا وەڵامی دایەوە: «نووسراوە: ﴿مرۆڤ
تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەك کە لە
دەمی خوداوە دێتە دەرەوە.﴾[b]»
٥ ئینجا ئیبلیس بردییە شاری پیرۆز و لەسەر
گوێسەبانەی[c] پەرستگا ڕایگرت و ٦ پێی گوت: «ئەگەر
تۆ کوڕی خودایت خۆت هەڵبدە خوارەوە. لەبەر
ئەوەی نووسراوە:

«﴿سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی
دەدات،
لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن،
تاکو پێت بەر بەردێك نەکەوێت.﴾[d]»

٧ عیساش پێی فەرموو: «هەروەها نووسراوە:
﴿یەزدانی پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە.﴾[e]»
٨ دیسان ئیبلیس بۆ سەر شاخێکی زۆر بڵندی برد و
هەموو شانشینەکانی جیهان و شکۆی ئەوانی پیشان
دا و ٩ پێی گوت: «هەموو ئەمانەت دەدەمێ ئەگەر
کڕنۆش ببەیت و بمپەرستی.»
١٠ ئینجا عیساش پێی فەرموو: «شەیتان لێم
دووربکەوە! چونکە نووسراوە: ﴿کڕنۆش بۆ یەزدانی
پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.﴾[f]»
١١ ئینجا ئیبلیس وازی لێ هێنا و فریشتەش هاتن
و خزمەتیان کرد.

## مژدەبەخشین لە جەلیل

١٢ کاتێك عیسا بیستی یەحیا گیراوە، خۆی
گەیاندەوە جەلیل. ١٣ ناسیرەی بەجێهێشت و هات لە
«کەفەرناحوم» نیشتەجێ بوو، کە لەسەر دەریاچەیە،
لە سنووری زەبولون و نەفتالی[g]، ١٤ تاکو ئەوەی لە
ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە گوتراوە بێتە دی:

١٥ ﴿خاکی زەبولون و خاکی نەفتالی،
ئەوەی لە ڕێگای دەریایە، ئەوبەری ڕووباری
ئوردون،
جەلیلی نەتەوەکان[h]،
١٦ ئەو گەلەی لە تاریکیدا دانیشتووە،
ڕووناکییەکی گەورەی بینی،
دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ
ڕووناکی بەسەریاندا هەڵات.﴾[i]

١٧ لەو کاتەوە عیسا دەستی بە جاڕدان کرد و
دەیفەرموو: «تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمان
نزیك بووەتەوە.»

## عیسا قوتابییەکانی هەڵدەبژێرێت

١٨ کاتێك عیسا لە کەناری دەریاچەی جەلیل
دەڕۆیشت، دوو برای بینی، شیمۆن کە پێی دەگوترێ
پەترۆس لەگەڵ ئەندراوسی برای، تۆڕیان فڕێدەدایە
دەریاچەکە، چونکە ماسیگر بوون. ١٩ عیسا پێی
فەرموون: «وەرن دوام بکەون، دەتانکەم بە ڕاوکەری
مرۆڤ[j].» ٢٠ دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشت و
دوای کەوتن.
٢١ کە لەوێ ڕۆیشت، دوو برای دیکەی بینی،
یاقوبی کوڕی زەبدی و یۆحەنای برای، لە بەلەمێکدا
لەگەڵ زەبدی باوکیان تۆڕەکانیان چاکدەکردەوە،
ئەوانیشی بانگکرد. ٢٢ دەستبەجێ بەلەمەکە و باوکیان
بەجێهێشت و دوای عیسا کەوتن.

[a] ٣ بڕوانە لستی زاراوەکان لە پاشکۆ.
[b] ٤ دواوتار ٨:٣.
[c] ٥ سواندە.
[d] ٦ زەبوورەکان ٩١:١١-١٢
[e] ٧ دواوتار ٦:١٦
[f] ١٠ دواوتار ٦:١٣
[g] ١٣ دوو ناوچەی بچووکن دەکەونە باکووری فەلەستین و ڕۆژئاوای دەریاچەی جەلیل، بە ناوی دووان لە کوڕەکانی حەزرەتی یاقوب ناونراون.
[h] ١٥ مەبەست لە هەموو نەتەوەکانە جگە لە جولەکە، بڕوانە مەتا ١٠:٥.
[i] ١٦ ئیشایا ٩:١-٢
[j] ١٩ مەبەست لە هێنانی خەڵکە بۆ ئەوەی ببەن بە قوتابی مەسیح.

## عیسا نەخۆش چاک دەکاتەوە

٢٣ ئینجا عیسا بە هەموو جەلیلدا دەگەڕا، لە
کەنیشتەکان[a] خەڵکی فێر دەکرد و مزگێنی[b]
پاشایەتییەکەی ڕادەگەیاند، هەرچی نەخۆشی
و هەرچی نەساغی نێو خەڵك هەبوو، چاکی
دەکردنەوە. ٢٤ لەبەر ئەوە دەنگوباسی تەواوی
سوریای گرتەوە، ئەوانیش هەموو نەخۆشێکیان
دەهێنایە لای، بە جۆرەها دەرد و ئازارەوە، ئەوانەی
کە ڕۆحی پیسیان تێدا بوو و فێدار و ئیفلیج بوون
چاکیکردنەوە. ٢٥ جا خەڵکێکی زۆر لە جەلیل و دە
شارەکە[c] و ئۆرشەلیم و یەهودیا و ئەوبەری ئوردون
دوای کەوتن.

## وتاری سەر چیا

٥ کاتێك عیسا خەڵکەکەی بینی، چووە سەر
چیا، ئینجا دانیشت و قوتابییەکانی هاتنە لای،
٢ زاری کردەوە و فێری کردن:

٣ «خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە بە ڕۆح
هەژارن[d]،
چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.
٤ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە ماتەمدارن،
چونکە دڵنەوایی دەکرێن.
٥ خۆزگە دەخوازرێت بە دڵنەرمەکان،
چونکە دەبنە میراتگری زەوی.
٦ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە برسی و تینوون
بۆ ڕاستودروستی[e]،
چونکە تێر دەکرێن.
٧ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە دڵیان پڕ لە
بەزەییە،
چونکە بەر بەزەیی دەکەون.
٨ خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان،
چونکە خودا دەبینن.
٩ خۆزگە دەخوازرێت بە ئاشتیخوازان،
چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبردرێن.
١٠ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی لە پێناوی
ڕاستودروستی دەچەوسێنرێنەوە،
چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.

١١ «خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێك خەڵکی
جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من
هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. ١٢ دڵخۆش
و دڵشاد بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان
گەورەیە، چونکە پێش ئێوە پێغەمبەرانیشیان ئاوا
چەوساندووەتەوە.

## خوێی زەوی و ڕووناکی جیهان

١٣ «ئێوەن خوێی زەوی، بەڵام ئەگەر خوێ
سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟ ئیتر
بەکەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبێ فڕێبدرێتە دەرەوە
و خەڵکی پێشێلی بکەن.
١٤ «ئێوەن ڕووناکی جیهان، شارێك لەسەر شاخ
دروستکرابێت ناتوانرێت بشاردرێتەوە. ١٥ هەروەها
خەڵکی چرا هەڵناکەن تاکو بیخەنە ژێر تەشتەوە،
بەڵکو لەسەر چرادان دایدەنێن بۆ ئەوەی ڕووناکی
بداتە هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەدان. ١٦ بە هەمان
شێوە، با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵك بدرەوشێتەوە،
تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان
بکەن کە لە ئاسمانە.

[a] ٢٣ کەنیشت: بەو شوێنە دەگوترێت کە جولەکەکان نوێژ و خواپەرستی و خوێندنی تەوراتی لێ ئەنجام دەدەن.

[b] ٢٣ یۆنانی: ئیوانجیلیۆن، لە زمانی عەرەبی بووە بە ئینجیل. لە زمانی یۆنانی بە واتای مژدە دێت، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی هاتنی پاشا، لێرەدا بۆ هاتنی مەسیح بەکارهاتووە.

[c] ٢٥ دە شارەکە: دیکاپۆلیس، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون.

[d] ٣ ئەوانەی کە دەزانن لەلایەنی ڕۆحییەوە کەموکوڕییان هەیە.

[e] ٦ مەبەست ئەوەیە کە دەبێت هەموو شتێك بەگوێرەی خواستی خودا پەیڕەو بکرێت.

## تەواوکردنی تەورات

١٧«وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان
نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ
سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان.
١٨ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا
بێت، پیتێك یان خاڵێك لە تەورات لەناو ناچێت،
هەتا هەمووی دێتە دی. ١٩بۆیە ئەوەی بچووکترینی
ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات،
لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت.
بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات،
لە شانشینی ئاسمان بە مەزن ناودەبردرێت. ٢٠ئیتر
پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی
تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە
ناو شانشینی ئاسمان.

## تووڕەیی

٢١«بیستووتانە بە پێشینان گوتراوە: ﴿مەکوژن﴾[a]
و ”ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردادان
دەبێت.“ ٢٢بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە خوشکی
یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی
بە براکەی دەڵێ ”هیچوپووچ،“ دەبێ بدرێتە
سەنهەدرین[b]، ئەوەش دەڵێت ”گێلە“، دەبێت
بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.
٢٣«لەبەر ئەوە ئەگەر قوربانیت بۆ قوربانگا
هێنا و لەوێ بیرت کەوتەوە کە خوشکت یان
برات شتێکی لەسەرت هەیە، ٢٤لەوێ لەبەردەم
قوربانگا قوربانییەکەت بەجێبهێڵە و بڕۆ یەکەم جار
خوشکت یان برات ئاشت بکەرەوە، ئینجا وەرە و
قوربانییەکەت بکە.
٢٥«خێرا لەگەڵ ڕکابەرەکەت ئاشت بەرەوە لەو
کاتەی لەگەڵتە و بە ڕێگاوەن، نەوەك ڕکابەرەکەت
بتداتە دەست دادوەر و دادوەریش بتداتە دەست
پۆلیس و فڕێبدرێیتە بەندیخانە. ٢٦ڕاستیت پێ دەڵێم:
لەوێ دەرناچی هەتا دوایین فلس نەدەیتەوە.

[a] ٢١ دەرچوون ١٣:٢٠
[b] ٢٢ سەنهەدرین: ئەنجومەنی باڵای جولەکە.

## داوێنپیسی

٢٧«بیستووتانە گوتراوە: ﴿داوێنپیسی مەکەن.﴾[c]
٢٨بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە
سەیری ئافرەتێك بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا
داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. ٢٩ئەگەر چاوی ڕاستت
بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ
باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو
لەشت فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ. ٣٠ئەگەر دەستی ڕاستت
بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە
ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت
بچێتە دۆزەخەوە.

## تەڵاق

٣١«دیسان گوتراوە: ﴿ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات،
با تەڵاقنامەی بداتە دەست.﴾[d] ٣٢بەڵام من پێتان
دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی
تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش
تەڵاقدراوێك بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات.

## سوێندخواردن

٣٣«دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان گوتراوە:
﴿سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ
یەزدان بەرەسەر.﴾[e] ٣٤بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز
سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، لەبەر ئەوەی تەختی
خودایە، ٣٥نە بە زەوی، لەبەر ئەوەی تەختەپێیەتی[f]،
نە بە ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوەی شاری پاشای
پایەبەرزە. ٣٦سوێند بە سەری خۆت مەخۆ، چونکە
ناتوانیت تاڵێکی سپی یان ڕەش بکەیت. ٣٧با قسەتان:
”بەڵێ“ بۆ ”بەڵێ“ و ”نەخێر“ بۆ ”نەخێر“ بێت،
لەمە بترازێت لە شەیتانەوەیە[g].

[c] ٢٧ دەرچوون ١٤:٢٠
[d] ٣١ دواوتار ١:٢٤
[e] ٣٣ لێڤییەکان ١٢:١٩
[f] ٣٥ کاتێك کەسێك لەسەر کورسییەکی بەرز دادەنیشێت تەختەپێ لەژێر پێیەکانی دادەنرێت.
[g] ٣٧ یۆنانی: خراپەکار.

## تۆڵەسەندن

[٣٨]«بیستووتانە گوتراوە: ﴿چاو بە چاو، ددان بە
ددان.﴾[a] [٣٩]بەڵام من پێتان دەڵێم: لە دژی خراپەکار
مەوەستنەوە، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی
دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە، [٤٠]ئەوەی
ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت،
چاکەتەکەشتی بدەرێ. [٤١]ئەوەی یەك میل بێگاری پێ
کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. [٤٢]ئەوەی داوای شتێکی
لێکردیت بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت
پشتی تێمەکە.

## خۆشویستنی دوژمنان

[٤٣]«بیستووتانە گوتراوە: ﴿نزیکەکەت
خۆشبوێت،﴾[b] ”ڕقت لە دوژمنت بێتەوە.“ [٤٤]بەڵام
من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن
بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، [٤٥]تاکو ببنە ڕۆڵەی
ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر
چاك و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاك
و زۆرداریشدا دەبارێنێت. [٤٦]ئەگەر هەر ئەوانەتان
خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان
هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ [٤٧]ئەگەر سڵاوتان
تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟
ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ [٤٨]بۆیە ئێوە تەواو بن،
وەك باوکی ئاسمانیتان تەواوە.

## خێرکردن

٦ «هۆشیار بن. نەکەن لەبەرچاوی خەڵك چاکە
بکەن، بۆ ئەوەی بتانبینن. ئەگینا لەلای باوکی
ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت.
[٢]«لەبەر ئەوە کاتێك خێرێك دەکەیت، لەپێش
خۆت زوڕنا لێمەدە وەك دووڕووان کە لە کەنیشت
و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن خەڵك
ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی
خۆیان وەرگرتووە. [٣]بەڵام تۆ کە خێرێك دەکەیت،
مەهێڵە دەستی چەپت بزانێت دەستی ڕاستت چی
دەکات، [٤]تاکو خێرەکەت بە نهێنی بێت. باوکیشت
ئەو کارە دەبینێت کە بە نهێنی ئەنجام دراوە،
پاداشتت دەداتەوە.

## نوێژکردن

[٥]«کاتێك نوێژ دەکەن وەك دووڕووان مەبن،
ئەوان حەز دەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی
شەقامەکان نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵك دیار
بن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان
وەرگرتووە. [٦]بەڵام تۆ کاتێك نوێژ دەکەیت، بڕۆ
ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە
بۆ باوکی نەبینراوت. باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە
بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە. [٧]کاتێك
نوێژ دەکەن، وەك بتپەرستان ئەوەندە وشەکان
دووبارە مەکەنەوە، چونکە وادەزانن بە زۆر گوتنیان
گوێیان لێ دەگیرێت. [٨]لەبەر ئەوە وەك ئەوان مەبن،
چونکە باوکتان دەزانێت پێویستیتان بە چییە، پێش
ئەوەی داوای لێ بکەن.
[٩]«بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن:

«”ئەی باوکمان لە ئاسمان،
با ناوت پیرۆز بێت،[c]
[١٠]با پاشایەتییەکەت بێ،[d]
با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە
ئاسمان.
[١١]نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ.
[١٢]لە گوناهەکانمان[e] خۆشبە،
هەروەك ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە
خراپەمان بەرامبەر دەکەن.
[١٣]مەمانخەرە تاقیکردنەوە،
بەڵکو لە شەیتان[f] ڕزگارمان بکە.“

[a] ٣٨ دەرچوون ٢١:٢٤
[b] ٤٣ لێڤییەکان ١٩:١٨

[c] ٩ واتە شکۆدارکردنی ناوی خودا لەلایەن بەدیهێنراوانی.
[d] ١٠ بە واتای هاتنی پاشایەتی خودا لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی.
[e] ١٢ یۆنانی: قەرزەکان.
[f] ١٣ یۆنانی: خراپەکارەکە.

١٤ئەگەر گەردنی خەڵکی لەبەر خراپەکانیان ئازاد
بکەن، ئەوا باوکی ئاسمانیشتان لێتان خۆشدەبێت.
١٥بەڵام ئەگەر گەردنی خەڵکی ئازاد نەکەن، ئەوا
باوکیشتان لە گوناهەکانتان خۆش نابێت.

## ڕۆژووگرتن

١٦«کاتێك بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەك
دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی
دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە
پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ١٧بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو
دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، ١٨تاکو
بۆ خەڵك دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها باوکی
نەبینراوت نەبێت، باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە
بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە.

## گەنجینەی ڕاستەقینە

١٩«لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە،
لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی دەدەن، دز دەیبڕێت و
دەیدزێت. ٢٠بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان
کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی نادەن،
دزیش نایبڕێت و نایدزێت، ٢١چونکە گەنجینەکەت
لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.
٢٢«چاو چرای جەستەیە، ئەگەر چاوت ساغ بێت،
ئەوا جەستەت هەمووی ڕووناکییە، ٢٣بەڵام ئەگەر
چاوت خراپ بێت، ئەوا هەموو جەستەت تاریك
دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە
تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ تاریکی چۆن بێت!
٢٤«کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات،
چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی
خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت
و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن
کۆیلەی خودا و پارە بن.

## خودا خەممان دەخوات

٢٥«خەم بۆ ژیان و جەستەتان مەخۆن، چی
دەخۆن و چی دەخۆنەوە یان چی دەپۆشن. ئایا
ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان جەستە لە پۆشاك؟
٢٦سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە
دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا
باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان
بەنرختر نین؟ ٢٧کێ لە ئێوە ئەگەر خەم بخوات،
دەتوانێت یەك کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟
٢٨«هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری
گوڵی کێوی بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی
ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت، ٢٩بەڵام پێتان دەڵێم:
تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەك
یەکێك لەوانەی نەپۆشیوە. ٣٠ئەی کەم باوەڕینە،
ئەگەر خودا ئەو گیایەی کە ئەمڕۆ لە کێڵگەیە و
بەیانی دەخرێتە تەنوورەوە بەو شێوەیە بپۆشێت،
ئایا ئێوە زیاتر نین هەتا پۆشتەتان بکات! ٣١جا خەم
مەخۆن بڵێن ”چی بخۆین؟“ یان ”چی بخۆینەوە؟“
یان ”چی بپۆشین؟“ ٣٢چونکە بێباوەڕان هەوڵ
بۆ هەموو ئەمانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان
دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە.
٣٣بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و
ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد
دەبێت. ٣٤لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە
بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێك خراپی
خۆی بەسە.

## حوکم مەدەن

٧ «خەڵك تاوانبار مەکەن تاکو خودا تاوانبارتان
نەکات، ٢چونکە بەو شێوەیەی خەڵك تاوانبار
دەکەن خودا تاوانبارتان دەکات، بەو پێوانەیەی ئێوە
بۆ خەڵك دەیپێون، خودا بۆتان دەیپێوێتەوە.
٣«بۆچی سەرنج لە پووشی ناو چاوی براکەت
دەدەیت، بەڵام ئاگات لە کاریتەکەی ناو چاوی خۆت
نییە؟ ٤یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: ”ڕێم بدە با
پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم،“ لەکاتێکدا تەختە
دارێك لەناو چاوی خۆتدایە؟ ٥ئەی دووڕوو، یەکەم
جار تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا

باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت.

[٦]«شتی پیرۆز مەدەن بە سەگ، مرواریشتان فڕێمەدەنە بەردەمی بەراز، نەوەک پێشێلیان بکەن و ڕوو وەربگێڕن و پارچەپارچەتان بکەن.

## داوا بکەن، پێتان دەدرێ

[٧]«داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە، [٨]چونکە هەرکەسێك داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە.

[٩]«ئەگینا کێ لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات، بەردی دەداتێ؟ [١٠]یان داوای ماسی لێ بکات، ماری دەداتێ؟ [١١]جا ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن! [١٢]کەواتە لە هەر شتێکدا ئاوا بۆ خەڵك بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.

## دەرگای تەسك

[١٣]«لە دەرگای تەسك بڕۆنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات پانە و ڕێگاکەی بەرینە و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. [١٤]بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.

## ناسین بە بەرهەم

[١٥]«ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی دڕندەن. [١٦]بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە. ئایا ترێ لە دڕك دەڕنن یان هەنجیر لە چقڵ؟ [١٧]بەم شێوەیە هەموو دارێکی باش بەری باش دەدات، داری خراپیش بەری خراپ. [١٨]داری چاك ناتوانێت بەری خراپ بدات و داری خراپیش ناتوانێت بەری باش بدات. [١٩]هەر دارێك بەری باش نەدات دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. [٢٠]کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە.

[٢١]«نەك هەرکەسێك پێم بڵێت: "گەورەم، گەورەم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانە. [٢٢]لەو ڕۆژەدا، زۆر کەس پێم دەڵێن: "گەورەم، گەورەم! ئایا بە ناوی تۆوە پەیامی خودامان ڕانەگەیاند، بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسمان دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجووی[a] زۆرمان نەکرد؟" [٢٣]ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: "قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی سەرپێچیکاران!"

## دانا و گێل

[٢٤]«لەبەر ئەوە هەرکەسێك گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەك پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروستکردبێت. [٢٥]باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد دروستکرابوو. [٢٦]هەرکەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەك پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم دروستکردبێت. [٢٧]باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.»

[٢٨]کاتێك عیسا ئەم وتانەی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، [٢٩]چونکە وەك دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن، نەك وەکو مامۆستایانی تەورات.

## پاکبوونەوەی نەخۆشی گولی

٨ کاتێك عیسا لە چیاکە هاتە خوارەوە، خەڵکێکی زۆر دوای کەوت. [٢]ئەوە بوو پیاوێکی گول[b] هات، کڕنۆشی بۆ برد و گوتی: «گەورەم، ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە.»

[a] ٢٢ پەرجوو: موعجیزە.

[b] ٢ گول: یۆنانی: لەپرۆس. تەنها واتای گولی نادات، بەڵکو بۆ چەندین نەخۆشی پێست بەکارهێنراوە.

٣عیساش دەستی بۆ درێژکرد و دەستی لێدا،
فەرمووی: «دەمەوێت، پاك بەرەوە!» دەستبەجێ
لە گولی پاك بووەوە. ٤ئینجا عیسا پێی فەرموو:
«ئاگاداربە، بە کەس مەڵێ، بەڵام برۆ خۆت بە کاهین
پیشان بدە و ئەو قوربانییەی موسا فەرمانی کردووە
بیکە، وەك شایەتییەك بۆیان.»

## باوەڕی سەرپەلێك

٥کاتێك عیسا چوو بۆ کەفەرناحوم، سەرپەلێك[a]
هاتە لای، لێی پاڕایەوە ٦و گوتی: «گەورەم،
خزمەتکارەکەم بە ئیفلیجی لە ماڵەوە کەوتووە و
ئازارێکی زۆری هەیە.»
٧عیسا پێی فەرموو: «من دێم و چاکی دەکەمەوە.»
٨سەرپەلەکەش وەڵامی دایەوە: «گەورەم شایانی
ئەوە نیم خۆت بێیتە ماڵەکەم، بەڵکو تەنها وشەیەك
بفەرموو خزمەتکارەکەم چاکدەبێتەوە. ٩منیش
مرۆڤێکم لەژێر دەسەڵاتدام، سەربازیشم لەژێر
دەستدایە. بەمە دەڵێم: ”برۆ،“ دەڕوات؛ بەوی
دیکەش دەڵێم: ”وەرە،“ دێت؛ بە کۆیلەکەشم دەڵێم:
”ئەمە بکە،“ دەیکات.»
١٠کاتێك عیسا گوێی لەمە بوو، سەرسام بوو،
بەوانەی فەرموو کە دوای دەکەوتن: «ڕاستیتان
پێ دەڵێم، لە ئیسرائیلدا باوەڕێکی بەهێزی ئاوام
نەدیوە. ١١پێتان دەڵێم کە خەڵکێکی زۆر لە
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دێن و لەگەڵ ئیبراهیم و
ئیسحاق و یاقوب لە شانشینی ئاسماندا لەسەر خوان
دادەنیشن. ١٢بەڵام ڕۆڵەکانی شانشین[b] فڕێدەدرێنە
تاریکی دەرەوە، جا لەوێ دەگرییێن و جیرەی ددانیان
دێت.»
١٣ئینجا عیسا بە سەرپەلەکەی فەرموو: «برۆ! با
هەروەك باوەڕت هێنا، بۆت ببێت.» جا لەو کاتەدا
خزمەتکارەکەی چاك بووەوە.

[a] ٥ وشە یۆنانییەکە مەبەست لە سەرکردەی سەد سەربازە لە سوپای ڕۆم.

[b] ١٢ مەبەستی لە خەڵکی جولەکەیە.

## چاککردنەوەی خەسووی پەترۆس

١٤عیسا هاتە ماڵی پەترۆس، خەسووی پەترۆسی
بینی کەوتووە، تای هەبوو. ١٥عیسا دەستی لە
دەستی دا و تایەکە بەریدا. ئەویش هەستا و دەستی
بە خزمەتکردنیان کرد.
١٦کاتێك ئێوارە داهات، زۆر کەسیان بۆ هێنا ڕۆحی
پیسیان تێدابوو، ئەویش بە وشەیەك ڕۆحە پیسەکانی
دەرکرد و هەموو نەخۆشەکانی چاککردەوە. ١٧تاکو
ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایا گوتراوە بێتە دی
کە دەڵێ:

﴿ئەو دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت و
نەخۆشییەکانمانی برد.﴾[c]

## نرخی دوای عیسا کەوتن

١٨کاتێك عیسا خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی
بینی، فەرمانی دا بپەڕنەوە ئەوبەری دەریاچەکە.
١٩مامۆستایەکی تەورات هاتە لای، پێی گوت:
«مامۆستا، بۆ کوێ بڕۆیت دوات دەکەوم.»
٢٠عیساش پێی فەرموو: «ڕێوی کونی هەیە و
باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام کوڕی مرۆڤ[d]
جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت.»
٢١یەکێکی دیکە لە قوتابییەکانی پێی گوت:
«گەورەم، ڕێگام بدە یەکەم جار بچم باوکم بنێژم.»[e]
٢٢بەڵام عیسا پێی فەرموو: «دوام بکەوە، واز لە
مردووان بهێنە با مردووەکانی خۆیان بنێژن.»

## عیسا ڕەشەبا هێمن دەکاتەوە

٢٣کاتێك عیسا سواری بەلەمەکە بوو، قوتابییەکانی
دوای کەوتن. ٢٤لەناکاو ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵیکردە
سەر دەریاچەکە، خەریك بوو شەپۆلەکان بەلەمەکە
داپۆشن، بەڵام عیسا نوستبوو. ٢٥ئینجا قوتابییەکانی

[c] ١٧ ئیشایا ٥٣:٤.

[d] ٢٠ کوڕی مرۆڤ: مەسیح بەم نازناوە خۆی دەناسێنێت. بڕوانە دانیال ٧:١٣-١٤.

[e] ٢١ مەبەستی ئەوەیە کە لەگەڵ باوکی بێت هەتا ئەو کاتەی دەمرێت.

چوون و هەڵیانستاند، گوتیان: «گەورەم، ڕزگارمان
بکە! وا لەناودەچین!»
٢٦ئەویش پێی فەرموون: «ئەی کەم باوەڕینە،
بۆچی دەترسن؟» ئینجا هەستا، لە ڕەشەبا و
دەریاچەکەی ڕاخوڕی، ئیتر بووە هێمنییەکی تەواو.
٢٧ئەوانیش سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە چ
مرۆڤێکە؟ تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن!»

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

٢٨کاتێک عیسا گەیشتە ئەوبەر، لە هەرێمی
گەدەرین، دوو کەسی تووشبوو ڕۆحی پیسیان تێدابوو،
لە گۆڕستانەوە هاتبوونە دەرەوە. بە ڕادەیەک توندوتیژ
بوون کە تەنانەت کەس نەیدەتوانی بەو ڕێگایەدا
تێبپەڕێت. ٢٩هاواریان کرد و گوتیان: «چیت لێمان
دەوێ، ئەی کوڕی خودا؟ ئایا پێش وەخت بۆ ئێرە
هاتوویت، تاکو ئەشکەنجەمان بدەیت؟»
٣٠لە دووری ئەوانەوە ڕانە بەرازێکی گەورە
دەلەوەڕان. ٣١ڕۆحە پیسەکانیش لێی پاڕانەوە و
گوتیان: «ئەگەر دەرماندەکەیت، بماننێرە ناو ڕانە
بەرازەکە.»
٣٢ئەویش پێی فەرموون: «بڕۆن!» ئەوانیش
هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئەوە بوو
هەموو ڕانەکە بە خێرایی لە قەراغی شاخەکەوە
بۆ ناو دەریاچەکە هەڵدێران و لە ئاوەکەدا خنکان.
٣٣بەرازەوانەکانیش ڕایانکرد بۆ ناو شار و هەموو
شتێکیان گێڕایەوە، بگرە ئەو ڕووداوەشیان گێڕایەوە
کە بەسەر ئەوانەدا هاتبوو کە ڕۆحی پیسیان تێدابوو.
٣٤ئەوە بوو شارەکە هەمووی بۆ بینینی عیسا هاتنە
دەرەوە، کە بینییان، لێی پاڕانەوە لە ناوچەکەیان
بچێتە دەرەوە.

## چاککردنەوەی ئیفلیجێک

٩ ئینجا عیسا سواری بەلەمێک بوو، پەڕییەوە و
هاتە شارەکەی خۆی[a]. ٢ئیفلیجێکیان هێنایە
لای لەناو جێگا کەوتبوو، کاتێک عیسا باوەڕی ئەوانی
بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «کوڕم، ورەت بەرز
بێت، گوناهەکانت بەخشران.»
٣جا هەندێک لە مامۆستایانی تەورات لە دڵی
خۆیاندا گوتیان: «ئەمە کفر دەکات!»
٤عیساش زانی بیر لە چی دەکەنەوە و فەرمووی:
«بۆچی لە دڵتاندا بیر لە خراپە دەکەنەوە؟ ٥کامیان
ئاسانترە بگوترێت، ”گوناهەکانت بەخشران،“
یان بگوترێت، ”هەستە و بڕۆ؟“ ٦بەڵام تاکو بزانن
کوڕی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی هەیە گوناه
ببەخشێت،...» ئینجا بە ئیفلیجەکەی فەرموو:
«هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوە ماڵەوە.»
٧ئەویش هەستا و گەڕایەوە ماڵ. ٨کاتێک خەڵکەکە
ئەمەیان بینی، سام دایگرتن و ستایشی خودایان کرد،
کە دەسەڵاتی ئاوای بە مرۆڤ داوە.

## عیسا بۆ گوناهباران هاتووە

٩کاتێک عیسا بەوێدا تێپەڕی، پیاوێکی بینی لە
شوێنی باجگری دانیشتبوو، ناوی مەتا بوو. پێی
فەرموو: «دوام بکەوە.» ئەویش هەستا و دوای کەوت.
١٠لە کاتێکدا عیسا لە ماڵی مەتا لەسەر خوان
دانیشتبوو، زۆر باجگر و گوناهبار هاتن و
لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی پاڵیان دایەوە. ١١کە
فەریسییەکان ئەمەیان بینی، بە قوتابییەکانیان گوت:
«بۆچی مامۆستاکەتان لەگەڵ باجگر و گوناهباران
نان دەخوات؟»
١٢جا کاتێک عیسا گوێی لێبوو، فەرمووی:
«لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش.
١٣بڕۆن و واتای ئەمە فێربن: ﴿من میهرەبانیم دەوێ
نەک قوربانی.﴾[b] چونکە نەهاتووم ڕاستودروستان
بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران.»

## لەبارەی ڕۆژووەوە

١٤ئینجا قوتابییەکانی یەحیا هاتنە لای و گوتیان:
«بۆچی ئێمە و فەریسییەکان زۆر جار بەڕۆژوو
دەبین، بەڵام قوتابییەکانت بەڕۆژوو نابن؟»

[a] ١ ناسیرە.

[b] ١٣ هۆشەع ٦:٦

[١٥]عیسا پێی فەرموون: «ئایا بانگهێشتکراوانی
زەماوەند دەتوانن شیوەن بگێڕن کاتێك زاوا
لەگەڵیاندایە؟ بەڵام ڕۆژێك دێت زاوایان لێ دوور
دەخرێتەوە، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن.
[١٦]«کەس کراسی کۆن بە پەڕۆیەك کە نەچووبێتە
ئاو پینە ناکات، چونکە پینەکە کراسەکە لێك
ڕادەکێشێت و دڕاویەکە خراپتر دەکات. [١٧]شەرابی
نوێش ناکەنە ناو مەشکەی کۆنەوە، ئەگینا مەشکەکە
دەدڕێت، جا شەرابەکە دەڕژێت و مەشکەکەش
لەناودەچێت. بەڵکو شەرابی نوێ لەناو مەشکەی
نوێ دەکرێت و هەردووکیان پارێزراو دەبن.»

## زیندووکردنەوەی کچێك

[١٨]کاتێك ئەمانەی دەفەرموو، پێشەوایەك[a] هات و
کڕنۆشی بۆ برد و گوتی: «هەر ئێستا کچەکەم مرد،
بەڵام وەرە دەستی لەسەر دابنێ، زیندوو دەبێتەوە.»
[١٩]عیساش هەستا و لەگەڵی ڕۆیشت، قوتابییەکانیش
دوایان کەوتن.
[٢٠]هەر لەو کاتەدا ژنێك کە دوازدە ساڵ بوو
خوێنبەربوونی هەبوو، لە دواوە لێی نزیك بووەوە
و دەستی لە چمکی کراسەکەی دا، [٢١]چونکە لە دڵی
خۆیدا گوتی: «ئەگەر تەنها دەست لە جلەکانیشی
بدەم، چاکدەبمەوە.»
[٢٢]عیسا ئاوڕی دایەوە، بینی و فەرمووی: «کچم
دڵنیابە، باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە.» ژنەکە
دەستبەجێ چاك بووەوە.
[٢٣]کاتێك عیسا چووە ماڵی سەرۆکەکە،
شیوەنگێڕان[b] و خەڵکێکی زۆری بینی کە
دەنگەدەنگیان دەکرد، [٢٤]فەرمووی: «لاچن، کچەکە
نەمردووە، بەڵکو نوستووە.» ئەوانیش پێی پێکەنین.
[٢٥]کاتێك خەڵکەکە دەرکران، هاتە ژوورەوە و دەستی
گرت، کچەش هەستایەوە. [٢٦]ئەم هەواڵەش بە هەموو
ئەو ناوچەیەدا بڵاو بووەوە.

## چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا

[٢٧]عیسا بەوێدا دەڕۆیشت، دوو کەسی نابینا دوای
کەوتن، هاواریان دەکرد و دەیانگوت: «کوڕی داود،
بەزەییت پێماندا بێتەوە.»
[٢٨]کاتێك هاتە ماڵەوە، کەسە نابیناکان هاتنە لای.
عیساش پێی فەرموون: «لەو باوەڕەدان من بتوانم
ئەمە بکەم؟» وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ گەورەم.»
[٢٩]ئینجا ئەویش دەستی لە چاویان دا و فەرمووی:
«با بەگوێرەی باوەڕتان بۆتان ببێت.» [٣٠]ئیتر بیناییان
بۆ گەڕایەوە، عیساش بە توندی ئاگاداری کردنەوە:
«ئاگاداربن با کەس نەزانێت.» [٣١]بەڵام ئەوان ڕۆیشتن
و هەموو ناوچەکەیان لێی تێگەیاند.

## لاڵێك دەکەوێتە قسەکردن

[٣٢]کاتێك دەڕۆیشتن، لاڵێکیان هێنایە لای، ڕۆحی
پیسی تێدابوو. [٣٣]کاتێك ڕۆحە پیسەکە دەرکرا، لاڵەکە
قسەی کرد. خەڵکەکەش سەرسام بوون، گوتیان:
«قەت لە ئیسرائیلدا شتی وا ڕووی نەداوە.»
[٣٤]بەڵام فەریسییەکان گوتیان: «بە شای ڕۆحە
پیسەکان ڕۆحی پیس دەردەکات.»

## دروێنەی زۆر و کرێکاری کەم

[٣٥]عیسا بە هەموو شار و گوندەکاندا دەگەڕا،
لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و مزگێنی
پاشایەتییەکەی ڕادەگەیاند، هەرچی نەخۆشی و
هەرچی نەساغی هەبوو چاکی دەکردنەوە. [٣٦]کاتێك
خەڵکەکەی بینی دڵی پێیان سووتا، چونکە وەك
مەڕی بێ شوان پەرێشان و دەربەدەر بوون. [٣٧]جا
بە قوتابییەکانی فەرموو: «دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان
کەمە. [٣٨]لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن
تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.»

## بانگکردنی دوازدە نێردراوەکە

١٠ ئینجا دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد،
دەسەڵاتی پێدان تاکو ڕۆحی پیس دەربکەن
و هەرچی نەخۆشی و نەساغی هەبوو چاك بکەنەوە.

---

[a] ١٨ پێشەوای کەنیشت.
[b] ٢٣ لەلای جولەکەکان باو بووە کە بە شمشاڵ لێدان شیوەن بۆ مردوو بگێڕن وەك سەردولکەبێژ.

٢ئەمانەش ناوی دوازدە نێردراوەکەیە: یەکەمین، شیمۆن کە بە پەترۆس ناودەبردرا و ئەندراوسی برای، یاقوبی کوڕی زەبدی و یۆحەنای برای، ٣فیلیپۆس و بەرتۆلماوس، تۆماس و مەتای باجگر، یاقوبی کوڕی حەلفا و تەداوس، ٤شیمۆنی کانەوی[a] و یەهوزای ئەسخەریوتی کە عیسای بە گرتن دا.

## عیسا نێردراوەکانی دەنێرێت

٥عیسا ئەم دوازدە کەسەی نارد، فەرمانی پێ کردن: «بە ڕێگای نەتەوەکاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەکان، ٦بەڵکو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل. ٧کاتێک دەچن، ئەم پەیامە ڕابگەیەنن: ”پاشایەتی ئاسمان نزیک بووەتەوە.“ ٨نەخۆش چاک بکەنەوە، مردووان زیندوو بکەنەوە، گول پاک بکەنەوە، ڕۆحی پیس دەربکەن. بەخۆڕایی وەرتانگرتووە، بەخۆڕاییش بیدەن. ٩زێڕ و زیو و مس لە پشتێنتان هەڵمەگرن، ١٠نە توورەکە بۆ ڕێگا، نە دوو کراس و پێڵاوی زیاد و نە گۆچانیش، چونکە کارگەر شایانی نانی خۆیەتی.

١١«چوونە هەر شار و گوندێک، بە شوێن کەسێکی شایستەدا بگەڕێن و هەتا ئەوێ بەجێدەهێڵن لە ماڵ ئەو کەسەدا بمێننەوە. ١٢کە چوونە ماڵەکە سڵاو بکەن. ١٣ئەگەر ماڵەکە شایستە بوون، با ئاشتیتان بۆیان بێت، بەڵام ئەگەر شایستە نەبوون، با ئاشتیتان بۆ خۆتان بگەڕێتەوە. ١٤ئەوەی پێشوازی لێ نەکردن و گوێی لە قسەتان نەگرت، لەو ماڵە یان لەو شارۆچکەیە بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەکێنن. ١٥ڕاستیتان پێ دەڵێم: لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، دۆخی خاکی سەدۆم و عەمۆرا سزای سووکتر دەبێت لەوەی ئەم شارە. ١٦ئەوەتا من وەک مەڕ بەناو گەلە گورگدا دەتانێرم. جا وەک مار ژیر بن و وەک کۆتر لە خراپە بێبەری بن.

١٧«لە خەڵکی بەئاگابن، چونکە دەتاندەنە دادگا و لە کەنیشتەکانیان بە قامچی لێتان دەدەن، ١٨لەبەر من دەبردرێنە بەردەم فەرمانڕەوایان و پاشایان، وەک شایەتێکی من بۆ ئەوان و بۆ نەتەوەکانیش. ١٩کاتێکیش بە گرتنتان دەدەن، نیگەران مەبن چۆن یان چی بڵێن، لەو کاتەدا پێتان دەدرێت چی بڵێن، ٢٠چونکە ئەوە ئێوە نین کە قسە دەکەن، بەڵکو ڕۆحی باوکتانە لە ئێوەدا قسە دەکات.

٢١«برا برای خۆی بۆ مردن بە گرتن دەدات، باوکیش منداڵی خۆی. منداڵان لە دایک و باوکیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن. ٢٢لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو کۆتایی دانبەخۆدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت. ٢٣کە لەم شارە دەتانچەوسێننەوە، ڕاکەن بۆ شارێکی دیکە. ڕاستیتان پێ دەڵێم: شارەکانی ئیسرائیل تەواو ناکەن پێش هاتنی کوڕی مرۆڤ[b].

## مەترسن

٢٤«قوتابی لە مامۆستاکەی بەرزتر نییە و کۆیلەش لە گەورەکەی بەرزتر نییە. ٢٥بۆ قوتابی بەسە وەک مامۆستاکەی بێت و کۆیلەش وەک گەورەکەی. ئەگەر خاوەن ماڵ بە ”بەعلزەبول“[c] ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟

٢٦«لەبەر ئەوە لێیان مەترسن، چونکە شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت. ٢٧ئەوەی لە تاریکیدا پێتانی دەڵێم، لە ڕووناکی بیڵێنەوە، ئەوەی بە چرپە دەیبیستن، لە سەربانەکان جاڕبدەن. ٢٨لەوانە مەترسن کە جەستە دەکوژن، بەڵام ناتوانن گیان بکوژن، بەڵکو لەوە بترسن کە دەتوانێ هەردووکیان لە دۆزەخدا لەناوبەرێت. ٢٩ئایا دوو چۆلەکە بە فلسێک نافرۆشرێت؟ کەچی هیچ یەکێکیان بەبێ خواستی باوکتان ناکەوێتە سەر زەوی. ٣٠ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. ٣١کەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.

---

[a] ٤ کانەوی پارتێکی نەتەوەیی ڕادیکالی جولەکە بوو، شیمۆنیش سەر بەو پارتە بوو. بڕوانە لۆقا ١٥:٦.

[b] ٢٣ هاتنی کوڕی مرۆڤ: زۆربەی زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لێرەدا مەبەست لە هاتنەوەی عیسایە لە ڕۆژی دوایی.

[c] ٢٥ بەعلزەبول: خوداوەندی شاری عەقرون بوو لە فەلەستین، بە واتای شەیتان دێت.

[٣٢]«بۆیە ئەوەی لەبەردەم خەڵك دانم پێدا بنێت،
منیش لەلای باوكم كە لە ئاسمانە، دانی پێدا دەنێم.
[٣٣]بەڵام ئەوەی لەلای خەڵك نكۆڵی لە ناسینی من
بكات، منیش لەلای باوكم كە لە ئاسمانە، نكۆڵی لێ
دەكەم.

## ئاشتی نا بەڵكو شمشێر

[٣٤]«وا مەزانن كە هاتووم تاكو ئاشتی بهێنمە سەر
زەوی. نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵكو شمشێر![a]
[٣٥]چونكە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی

«﴾كوڕ لە باوكی و
كچ لە دایكی و
بووك لە خەسووی،
[٣٦] دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەكەی خۆی
دەبێت.﴿[b]

[٣٧]«ئەوەی باوك یان دایكی لە من خۆشتربووێت،
شایانی من نییە. ئەوەی كوڕ یان كچی لە من
خۆشتربووێت، شایانی من نییە. [٣٨]ئەوەی خاچەكەی
هەڵنەگرێت و دوام نەكەوێت شایانی من نییە.
[٣٩]ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت،
بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێت
دەیدۆزێتەوە.

[٤٠]«ئەوەی پێشوازیتان لێ بكات، پێشوازی لە من
دەكات، ئەوەش پێشوازیم بكات، پێشوازی لەوە دەكات
كە منی ناردووە. [٤١]ئەوەی پێشوازی لە پێغەمبەرێك
بكات بە ناوی پێغەمبەر، ئەوا پاداشتی پێغەمبەرێك
وەردەگرێت. ئەوەش پێشوازی لە پیاوچاكێك بكات بە
ناوی پیاوچاك، ئەوا پاداشتی پیاوچاكێك وەردەگرێت.
[٤٢]ئەوەی تەنها جامە ئاوێكی سارد بداتە یەكێك لەم
بچووكانە، لەبەر ئەوەی قوتابی منن، ڕاستیتان پێ
دەڵێم: پاداشتی ون نابێت.»

[a] ٣٤ واتە بەهۆی هاتنی مەسیح، خەڵك دژایەتی قوتابییەكانی دەكەن.
[b] ٣٦ میخا ٦:٧

## عیسا و حەزرەتی یەحیا

١١ پاش ئەوەی عیسا لە ڕێنمایی دوازدە
قوتابییەكەی تەواو بوو، لەوێ ڕۆیشت
و چوو بۆ فێركردن و ڕاگەیاندنی پەیامی خودا لە
شارۆچكەكانیان.
[٢]كاتێك یەحیا لە زیندانەكەدا كارەكانی مەسیحی
بیست، قوتابییەكانی خۆی نارد و [٣]پێی گوت: «تۆی
ئەوەی دێت، یان چاوەڕێی یەكێكی دیكە بكەین؟»
[٤]عیساش لە وەڵامدا پێی فەرموون: «بڕۆن، ئەوەی
دەیبیستن و دەیبینن بە یەحیای ڕابگەیەنن: [٥]كوێر
دەبینێت، شەل دەڕوات، گەڕوگول پاك دەبێتەوە،
كەڕ دەبیستێت، مردوو هەڵدەستێتەوە و هەژار
مزگێنی پێدەدرێت[c]. [٦]خۆزگە دەخوازرێت بەوەی لە
من بێ هیوا نابێت.»
[٧]لە كاتێكدا قوتابییەكانی یەحیا دەڕۆیشتن،
عیسا ڕووی لە خەڵكەكە كرد و سەبارەت بە یەحیا
فەرمووی: «بۆ بینینی چی چوونە چۆڵەوانی؟
قامیشێك كە با دەیجوڵێنێتەوە؟ [٨]ئەی بۆ بینینی چی
چوون؟ مرۆڤێك كە جلوبەرگی گرانبەهای پۆشیوە؟
نەخێر، ئەوانەی جلوبەرگی گرانبەها دەپۆشن لە
كۆشكی پاشاكانن. [٩]ئیتر بۆ بینینی چی چوون؟
پێغەمبەرێك؟ بەڵێ، پێتان دەڵێم، لە پێغەمبەریش
مەزنتر. [١٠]یەحیا ئەو كەسەیە كە دەربارەی نووسراوە:

«﴾من نێردراوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم،
ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەكات.﴿[d]

[١١]ڕاستیتان پێ دەڵێم: لەنێو ئەوانەی لە ژن لەدایك بوون،
كەس لە یەحیای لەئاوهەڵكێش پایەبەرزتر نییە، بەڵام
بچووكترینی ئەوەی لە شانشینی ئاسمانە لەو پایەبەرزترە.
[١٢]لە ڕۆژانی یەحیای لەئاوهەڵكێشەوە هەتا ئێستا
شانشینی ئاسمان بە هێز تێدەكۆشێت، تێكۆشەرانیش
دەستی پێوەدەگرن[e]، [١٣]چونكە هەموو پێغەمبەران و

[c] ٥ مەبەست لە هاتنی مەسیحە وەك ڕزگاركەر، بڕوانە لۆقا ١٨:٤.
[d] ١٠ مەلاخی ١:٣
[e] ١٢ بڕوانە لۆقا ١٦:١٦.

تەورات، هەتا هاتنی یەحیا پێشبینییان کردووە. [١٤]ئەگەر
دەتانەوێ پەسەندی بکەن، ئەمە ئەلیاسە کە خەریکە
بێت[a]. [١٥]ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت!
[١٦]«بەڵام ئەم نەوەیە بە چی بەراورد بکەم؟ لەو
منداڵانە دەچن کە لە بازاڕەکاندا دانیشتوون و بانگی
یەکتری دەکەن و [١٧]دەڵێن:

«”زوڕنامان بۆ لێدان و هەڵنەپەڕین،
شینمان بۆ گێڕان و لە خۆتان نەدا.“

[١٨]چونکە یەحیا هات، نەیدەخوارد و نەیدەخواردەوە،
گوتیان: ”ڕۆحی پیسی تێدایە.“ [١٩]کوڕی مرۆڤ هات،
دەخوات و دەخواتەوە، دەڵێن: ”ئەمە کابرایەکی
نەوسن و مەیخۆرە، هاوڕێی باجگران و گوناهبارانە.“
بەڵام دانایی بە کردارەکانی سەلمێنرا.»

## شارە گوناهبارەکان

[٢٠]ئینجا عیسا دەستی بە سەرزەنشتکردنی ئەو
شارانە کرد کە زۆربەی پەرجووەکانی تێیاندا نواندبوو،
چونکە تۆبەیان نەکردبوو. [٢١]«قوڕبەسەرت، ئەی شاری
خورازین! قوڕبەسەرت، ئەی بێتسەیدا! چونکە
ئەو پەرجووانەی لەنێو ئێوەدا کران، ئەگەر لە سور و
سەیدا بکرایە، هەر زوو بە جلوبەرگی گوش[b] و لەناو
خۆڵەمێش تۆبەیان دەکرد. [٢٢]بەڵام پێتان دەڵێم: لە ڕۆژی
لێپرسینەوەدا سزای سور و سەیدا سووکتر دەبێت لەوەی
بۆ ئێوەیە. [٢٣]تۆش ئەی کەفەرناحوم، ئایا بۆ ئاسمان بەرز
دەکرێیتەوە؟ نەخێر، تۆ بۆ جیهانی مردووان[c] دەچیتە
خوارەوە، چونکە ئەگەر لە سەدۆمدا ئەو پەرجووانە
بکرایە کە لەنێو تۆدا کرا، ئەوا تاکو ئەمڕۆ دەمایەوە.
[٢٤]بەڵام پێتان دەڵێم: لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا سزای خاکی
سەدۆم لە هی تۆ سووکتر دەبێت.»

[a] ١٤ بڕوانە مەلاخی ٤:٥، پێش هاتنی ڕۆژی لێپرسینەوە ئەلیاس دێتەوە.

[b] ٢١ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.

[c] ٢٣ یۆنانی: هادیس: لە ئەندێشە یۆنانییەکان شوێنی ڕۆحی مردووانە لەدوای مردن و بەر لە حوکمدانی یەکجارەکی. بەرامبەر شیۆلی پەیمانی کۆنە. بڕوانە پەیدابوون ٣٧:٣٥.

## وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە

[٢٥]لەو کاتەدا عیسا فەرمووی: «ئەی باوك سوپاست
دەکەم، پەروەردگاری زەوی و ئاسمان، چونکە
ئەمانەت لە دانا و تێگەیشتووان شاردووەتەوە و بۆ
منداڵانت ئاشکرا کردووە. [٢٦]بەڵێ ئەی باوك، چونکە
ئەمەت پێ باش بوو.
[٢٧]«باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم، کەس
کوڕەکە ناناسێت باوك نەبێت، کەسیش باوك
ناناسێت تەنها کوڕەکە و ئەوە نەبێت کە کوڕەکە
دەیەوێ بۆی ئاشکرا بکات.
[٢٨]«وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و
بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. [٢٩]نیری من بخەنە
سەر خۆتان و لە منەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و
بێفیزم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە.
[٣٠]نیرەکەم گونجاوە و بارم سووکە.»

## گەورەی ڕۆژی شەممە

١٢ لەو کاتەدا، لە ڕۆژی شەممەدا عیسا بەناو
دەغڵدا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی برسییان
بوو، دەستیان بە گوڵەگەنم پرواندن و خواردنی
کرد. [٢]کە فەریسییەکان بینییان، پێیان گوت: «تەماشا
بکە، ئەوەی قوتابییەکانت دەیکەن دروست نییە لە
شەممەدا بکرێت.»
[٣]ئەویش پێی فەرموون: «ئایا نەتانخوێندووەتەوە
داود چی کرد[d]، کاتێك خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون
برسییان بوو؟ [٤]چۆن چووە ناو ماڵی خودا و نانی
تەرخانکراوی[e] خوارد، کە بۆ ئەو و ئەوانەی لەگەڵی
بوون دروست نەبوو بیخۆن، تەنها بۆ کاهینان
نەبێ؟ [٥]یان لە تەوراتدا نەتانخوێندووەتەوە کە
هەرچەندە کاهینان بەهۆی ئەرکیان لە پەرستگا لە
ڕۆژانی شەممەدا ڕاسپاردەی ڕۆژی شەممە دەشکێنن
بەڵام بە بێتاوان دادەنرێن؟ [٦]پێتان دەڵێم، مەزنتر لە

[d] ٣ بڕوانە یەکەم ساموئێل ٢١:٦.

[e] ٤ ئەم نانە پێشکەشی خودا کراوە لە پەرستگا و بۆی تەرخانکراوە، تەنها کاهینان بۆیان هەبوو لەو نانە بخۆن. بڕوانە دەرچوون ٢٥:٣٠.

پەرستگا لێرەیە. ٧بەڵام ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیایە:
﴿من میهرەبانیم دەوێ نەك قوربانی،﴾[a] ئەوا
بێتاوانتان تاوانبار نەدەکرد، ٨چونکە کوڕی مرۆڤ
گەورەی ڕۆژی شەممەیە.»

## چاککردنەوەی نەخۆش لە شەممە

٩لەوێ ڕۆیشت و هاتە کەنیشتەکەیان، ١٠ئەوە بوو
پیاوێك دەستێکی وشك بوو. بۆ ئەوەی فەریسییەکان
بتوانن سکاڵای لێ بکەن، لێیان پرسی: «ئایا لە
شەممەدا چاککردنەوە دروستە؟»
١١پێی فەرموون: «کێ لە ئێوە ئەگەر مەڕێکی
هەبێت و لە شەممەدا بکەوێتە چاڵێك، ئایا نایگرێت
و دەریناهێنێت؟ ١٢مرۆڤ چەند لە مەڕ بەنرخترە!
کەواتە لە شەممەدا چاکەکردن دروستە.»
١٣ئینجا بە پیاوەکەی فەرموو: «دەستت درێژ
بکە.» ئەویش درێژی کرد و چاك بووەوە، وەکو
ئەوەی دیکە. ١٤بەڵام فەریسییەکان کە هاتنە دەرەوە،
تەگبیریان کرد چۆن لەناوی ببەن.

## بەندەی هەڵبژێردراوی خودا

١٥عیساش بەمەی زانی، لەوێ ڕۆیشت و خەڵکێکی
زۆر دوای کەوتن، ئەویش هەموویانی چاککردەوە و
١٦ئاگاداری کردنەوە ئاشکرای نەکەن، ١٧تاکو ئەوەی
لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایا گوتراوە بێتە دی کە
دەڵێت:

١٨﴿ئەوەتا خزمەتکارەکەم، ئەوەی هەڵمبژاردووە،
خۆشەویستم کە پێی دڵشادم،
ڕۆحی خۆمی دەخەمە سەر،
جاڕی دادپەروەری بۆ نەتەوەکان دەدات.
١٩شەڕ ناکات و هاوار ناکات،
کەسیش لە شەقامدا دەنگی نابیستێت.
٢٠قامیشێکی کوتراو ناشکێنێت،
پلیتەیەکی پرتەپرتکەر ناکوژێنێتەوە،
تاکو دادپەروەری بە سەرکەوتن دەگەیەنێت.

[a] ٧ هۆشەع ٦:٦

٢١ نەتەوەکان هیوایان بە ناوی ئەو دەبێت.﴾[b]

## عیسا و شای ڕۆحە پیسەکان

٢٢ئینجا پیاوێکیان بۆ هێنا ڕۆحی پیسی تێدابوو،
ئەویش نابینا و لاڵ بوو، چاکیکردەوە هەتا ئەوەی
لاڵەکە قسەی کرد و بینی. ٢٣خەڵکەکە هەموو
سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە کوڕی داود نییە؟»
٢٤بەڵام فەریسییەکان کە ئەمەیان بیست،
گوتیان: «ئەمە ڕۆحی پیس دەرناکات، مەگەر بە
بەعلزەبولی[c] شای ڕۆحە پیسەکان نەبێت.»
٢٥بەڵام عیسا بە بیرکردنەوەی ئەوانی زانی، پێی
فەرموون: «هەر شانشینێك دووبەرەکی تێدابێت، وێران
دەبێت، هەر شارێك یان ماڵێك دووبەرەکی تێدابێت،
خۆی ڕاناگرێت. ٢٦ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات،
ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینییەکەی
خۆی ڕادەگرێت؟ ٢٧ئەگەر من بە بەعلزەبول ڕۆحی
پیس دەربکەم، ئەی کوڕەکانتان[d] بە کێ دەریاندەکەن؟
لەبەر ئەوە ئەوان دەبنە دادوەرتان. ٢٨بەڵام ئەگەر من
بە ڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی
خودا هاتووەتە سەرتان.
٢٩«یان چۆن یەکێك دەتوانێ بچێتە ماڵی بەهێزێك
و شتەکانی تاڵان بکات، ئەگەر زوو نەیبەستێتەوە،
ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات؟
٣٠«ئەوەی لەگەڵ من نییە لە دژی منە، ئەوەش
لەگەڵ من کۆناکاتەوە، بڵاو دەکاتەوە. ٣١لەبەر ئەوە
پێتان دەڵێم: هەموو گوناه و کفرکردنێکی مرۆڤ
دەبەخشرێت، بەڵام کفرکردن سەبارەت بە ڕۆحی
پیرۆز نابەخشرێت. ٣٢ئەوەی قسە لە دژی کوڕی
مرۆڤ بکات، دەبەخشرێت، بەڵام ئەوەی قسە لە
دژی ڕۆحی پیرۆز بکات، نابەخشرێت، نە لەم دنیایە
و نە لەو دنیا.

[b] ٢١ ئیشایا ٤٢:١-٤
[c] ٢٤ بڕوانە پەراوێزی مەتا ٢٥:١٠
[d] ٢٧ مەبەستی لە قوتابییەکانیانە.

## دار بە بەرهەمی دەناسرێت

[٣٣]«دار بە بەرهەمەکەی دەناسرێتەوە. ئەگەر دار باش بێت، بەرهەمی باش دەدات، ئەگەر دار خراپ بێت، بەرهەمی خراپ دەدات. [٣٤]ئەی بێچووە ماران، کە ئێوە خراپ بن، چۆن دەتوانن بە چاکە بدوێن؟ دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵ دەڕژێتەوە. [٣٥]مرۆڤی چاك لە گەنجینەی چاك شتی چاك دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش، لە گەنجینەی خراپ، شتی خراپ دەردەهێنێت. [٣٦]بەڵام پێتان دەڵێم: هەر وشەیەکی پووچ کە خەڵك پێی دەدوێ، لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا حیسابی خۆی هەیە، [٣٧]چونکە بە وشەکانی خۆت بێتاوان دەکرێیت، بە وشەکانی خۆشت تاوانبار دەکرێیت.»

## نیشانەی یونسی پێغەمبەر

[٣٨]ئینجا هەندێك مامۆستای تەورات و فەریسی وەڵامیان دایەوە و گوتیان: «مامۆستا، دەمانەوێ نیشانەیەکت لێ ببینین.»

[٣٩]کەچی وەڵامی دانەوە: «نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس[a] داوای نیشانە دەکات، بەڵام نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونسی پێغەمبەر. [٤٠]هەروەك چۆن یونس سێ شەو و سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسییەکی گەورەدا بوو، ئاواش کوڕی مرۆڤ سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ناخی زەویدا دەمێنێتەوە. [٤١]خەڵکی نەینەوا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، لەگەڵ ئەم نەوەیە لە مردن هەڵدەستنەوە و تاوانباری دەکەن، چونکە تۆبەیان کرد کاتێك یونس پەیامی خودای ڕاگەیاند. ئەوەتا لە یونس مەزنتر لێرەیە. [٤٢]شاژنی باشوور[b] لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم نەوەیە لە مردن هەڵدەستێتەوە و تاوانباری دەکات، چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان مەزنتر لێرەیە.

## گەڕانەوەی ڕۆحی پیس

[٤٣]«کاتێك ڕۆحی پیس لە مرۆڤێك دەردەچێت، لە شوێنە وشکەکاندا بەدوای حەوانەوەدا دەگەڕێت و دەستی ناکەوێت. [٤٤]ئینجا دەڵێت: ”دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم کە لێی دەرچووم.“ کاتێك دەگەڕێتەوە دەبینێت چۆڵە و گسکدراوە و ڕێکخراوە. [٤٥]ئەوسا دەچێت و حەوت ڕۆحی پیسی دیکە لە خۆی خراپتر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، دەچنە ژوورەوە و لەناو ئەو مرۆڤە دەژیێن. ئینجا کۆتایی ئەو مرۆڤە لە جاران خراپتر دەبێت. بۆ ئەم نەوە بەدکارەش، ئاوا دەبێت.»

## دایك و براکانی عیسا

[٤٦]لە کاتێکدا کە عیسا قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد، دایك و براکانی لە دەرەوە ڕاوەستابوون، داوایان دەکرد لەگەڵی بدوێن. [٤٧]یەکێك پێی گوت: «وا دایك و براکانت لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ لەگەڵت بدوێن.»

[٤٨]ئەویش وەڵامی قسەکەری دایەوە: «دایکم کێیە و براکانم کێن؟» [٤٩]ئینجا دەستی بۆ قوتابییەکانی ڕاکێشا و فەرمووی: «ئەوەتا دایك و براکانم، [٥٠]چونکە ئەوەی بە خواستی باوکم بکات کە لە ئاسمانە، ئەوا خوشك و برا و دایکمە.»

## نموونەی جوتیارێك

**١٣** هەر لەو ڕۆژەدا عیسا لە ماڵ هاتە دەرەوە و لە کەناری دەریاچەی جەلیل دانیشت. [٢]خەڵکێکی ئێجگار زۆر لێی کۆبووەوە، هەتا وای لێهات چووە ناو بەلەمێك دانیشت، هەموو خەڵکەکەش لە کەنارەکە ڕاوەستان. [٣]بە نموونە باسی زۆر شتی بۆ کردن و فەرمووی: «جوتیارێك چووە دەرەوە تۆو بکات. [٤]کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی کەوتنە سەر ڕێگا، باڵندەش هاتن و خواردیانن. [٥]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی بەردەڵان

---

[a] ٣٩ لێرەدا مەبەست لە مانای مەجازی داوێنپیسییە، بەو واتایەی کە گەلی خودا دڵسۆز نەبوون بۆ خودای یاقوب و سەرپێچی فەرمانەکانیان کردووە.

[b] ٤٢ شاژنی باشوور: مەبەست شاژنە بەلقیسە کە لە سەردەمی حەزرەتی سلێمان فەرمانڕەوای یەمەن بوو.

که خۆڵی کەم بوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە
زەوییەکەی قووڵ نەبوو. [6]بەڵام کە ڕۆژ هەڵهات
سووتان و وشك بوون، چونکە ڕەگیان نەبوو.
[7]هەندێکیشیان کەوتنە نێو دڕکان، دڕکەکان گەورە
بوون و خنکاندیانن. [8]بەڵام هەندێکیان کەوتنە سەر
زەوییەکی باش و بەرهەمیان دا، هەندێك یەك بە
سەد و هەندێك یەك بە شەست و هەندێکیش یەك
بە سی. [9]ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!»

## بۆچی عیسا بە نموونە دەدوێت؟

[10]قوتابییەکان هاتن و لێیان پرسی: «بۆچی بە
نموونە قسەیان بۆ دەکەیت؟»
[11]وەڵامی دانەوە: «لەبەر ئەوەی بە ئێوە دراوە
نهێنی شانشینی ئاسمان بزانن، بەڵام بەوان نەدراوە،
[12]چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی
دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی
هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە. [13]لەبەر ئەوە بە
نموونە قسەیان بۆ دەکەم:

«چونکە سەیر دەکەن، بەڵام نابینن،
گوێ دەگرن، بەڵام نابیستن و تێناگەن.

[14]پێشبینییەکەی ئیشایا لەواندا هاتە دی، کە
دەفەرموێ:

﴿ئێوە هەمیشە دەبیستن بەڵام هەرگیز تێناگەن،
ئێوە هەمیشە سەیر دەکەن بەڵام هەرگیز نابینن.
[15]چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە و
گوێیان قورس بووە،
چاویان نوقاندووە،
نەوەك بە چاویان ببینن و
بە گوێیان ببیستن،
بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە،
منیش چاکیان بکەمەوە.﴾[a]

[16]بەڵام ئێوە، خۆزگە دەخوازرێت بە چاوتان، چونکە
دەبینن، بە گوێتان، چونکە دەبیستن. [17]ڕاستیتان پێ
دەڵێم: زۆر پێغەمبەر و پیاوچاك بە ئاواتەوە بوون
ئەوە ببینن کە ئێوە دەیبینن بەڵام نەیانبینی، ئەوەش
ببیستن کە ئێوە دەیبیستن، بەڵام نەیانبیست.

## ڕوونکردنەوەی نموونەکە

[18]«کەواتە گوێ لە واتای نموونەی جوتیارەکە
بگرن: [19]هەرکەسێك پەیامی شانشین ببیستێت و
تێنەگات، شەیتان[b] دێت و ئەوەی لە دڵیدا تۆوکراوە
دەیڕفێنێت. ئەمانە ئەو تۆوانەن کە کەوتنە سەر
ڕێگاکە. [20]ئەوانەی کەوتنە سەر بەردەڵانەکە، ئەو
کەسانەن کە پەیامەکە دەبیستن و بە خۆشییەوە
وەریدەگرن. [21]بەڵام ڕەگ داناکوتن و کاتین، کاتێك
لەبەر پەیامەکە تووشی تەنگانە و چەوسانەوە
دەبن، یەکسەر دەکەون. [22]ئەوانەش کە کەوتنە نێو
دڕکەکان، ئەو کەسانەن کە پەیامەکە دەبیستن، بەڵام
خەمی ژیان و فریوخواردنی دەوڵەمەندی پەیامەکە
دەخنکێنن، ئیتر بێ بەرهەم دەبن. [23]بەڵام ئەوانەی
کەوتنە سەر زەوییە باشەکە، ئەو کەسانەن کە
پەیامەکە دەبیستن و لێی تێدەگەن. یەك بە سەد و
یەك بە شەست و یەك بە سی، بەرهەم دەدەن.»

## نموونەی گەنم و زیزان

[24]نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: «شانشینی
ئاسمان لە مرۆڤێك دەچێت، تۆوی چاك لە
کێڵگەکەی بچێنێت. [25]بەڵام کاتێك خەڵك نوستبوون،
دوژمنەکەی هات و لەناو گەنمەکەدا زیزانی چاند
و ڕۆیشت. [26]کاتێك گەنمەکە ڕوا و گوڵی دەرکرد،
زیزانەکەش دەرکەوت.
[27]«کۆیلەی خاوەن ماڵ هاتن و پێیان گوت:
”گەورەم، ئایا لە کێڵگەکەتدا تۆوی چاکت تۆو
نەکرد؟ ئیتر ئەم زیزانە لەکوێوە هات؟“
[28]«ئەویش وەڵامی دانەوە: ”دوژمن ئەمەی
کردووە.“ کۆیلەکانیش پێیان گوت: ”دەتەوێ بچین
زیزانەکان بژار بکەین؟“»
[29]گوتی: «”نەخێر، نەوەك لەگەڵ بژارکردنی

[a] ١٥ ئیشایا ٦:٩-١٠

[b] ١٩ یۆنانی: خراپەکارەکە.

زیزان، گەنمیش هەڵبکێشن. ٣٠هەتا کاتی دروێنە لێگەڕێن با بەیەکەوە پێبگەن، جا لە کاتی دروێنەدا بە سەپانەکان دەڵێم، یەکەم جار زیزانەکە بژار بکەن و بیانکەنە مەڵۆ[a] بۆ ئەوەی بسووتێنرێن، بەڵام گەنمەکە لە ئەمبارەکەم کۆبکەنەوە.‘»

## نموونەی دەنکە خەردەل

٣١نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: «شانشینی ئاسمان وەک دەنکە خەردەل[b] وایە، کە یەکێک بیهێنێت و لە کێڵگەکەیدا بیچێنێ، ٣٢کە بچووکترین تۆوە، بەڵام کاتێک گەشە دەکات، گەورەترین ڕووەکە و دەبێتە درەخت، تەنانەت باڵندەی ئاسمانیش دێن و لەسەر لقەکانیدا هێلانە دەکەن.»

## نموونەی هەویرترش

٣٣نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: «شانشینی ئاسمان لە هەویرترشێک[c] دەچێت، ئافرەتێک هێنای و کردییە ناو سێ پێوانە[d] ئاردەوە، هەتا هەمووی هەڵهات.»

٣٤عیسا هەموو ئەمانەی بە نموونە بۆ خەڵکەکە باسکرد، بەبێ نموونە قسەی بۆ نەدەکردن، ٣٥تاکو ئەوەی خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە فەرموویەتی بێتە دی:

﴿بە نموونە دەمم دەکەمەوە،
ئەوەی لە دامەزراندنی جیهانەوە شاراوەیە
دەریدەبڕم.﴾[e]

## ڕوونکردنەوەی نموونەی زیزان

٣٦ئینجا خەڵکەکەی بەڕێکرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ. قوتابییەکانی هاتنە لای و گوتیان: «نموونەی زیزانی ناو کێڵگەکەمان بۆ لێکبدەوە.»

٣٧وەڵامی دایەوە: «ئەوەی تۆوە چاکەکەی چاند، کوڕی مرۆڤە. ٣٨کێڵگەکەش جیهانە، تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی شانشینن، زیزانەکەش ڕۆڵەکانی شەیتانن، ٣٩دوژمنەکەش کە تۆوی کردن ئیبلیسە، دروێنەکەش کۆتایی زەمانە[f]، سەپانەکانیش فریشتەکانن.

٤٠«هەروەک چۆن زیزانەکە بژارکرا و بە ئاگر سووتێنرا، لە کۆتایی زەمانیشدا وا دەبێت. ٤١کوڕی مرۆڤ فریشتەکانی دەنێرێت، هەموو کۆسپ و سەرپێچیکاران لە شانشینییەکەی کۆدەکەنەوە و ٤٢فڕێیان دەدەنە ناو کوورەی ئاگرەوە، جا لەوێ دەگرییێن و جیڕەی ددانیان دێت. ٤٣ئەوسا ڕاستودروستان لە شانشینی باوکیاندا وەک ڕۆژ دەدرەوشێنەوە. ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت!

## نموونەی گەنجینە و مرواری

٤٤«شانشینی ئاسمان لە گەنجینەیەک دەچێت لە کێڵگەیەکدا شاردرابێتەوە. یەکێک دۆزییەوە و شاردییەوە، لە خۆشیان دەچێت و هەرچی هەیە دەیفرۆشێت و ئەو کێڵگەیەی پێ دەکڕێت.

٤٥«هەروەها شانشینی ئاسمان لە بازرگانێک دەچێت بە شوێن مرواری نایابدا دەگەڕا. ٤٦کاتێک مروارییەکی گرانبەهای بینی، چوو هەرچیی هەبوو فرۆشتی و مروارییەکەی کڕی.

## نموونەی تۆڕ

٤٧«هەروەها شانشینی ئاسمان لە تۆڕێک دەچێت فڕێدرابێتە دەریاچەوە، لە هەموو جۆرەکانی ماسی کۆدەکاتەوە. ٤٨کاتێک تۆڕەکە پڕ بوو، ماسیگرەکان ڕایانکێشایە کەنار، باشەکانیان لە سەبەتەدا کۆکردەوە و خراپەکانیشیان فڕێدا. ٤٩کۆتایی زەمانیش ئاوا دەبێت: فریشتەکان دێن و بەدکاران لەناو ڕاستودروستاندا دەردەهێنن و ٥٠فڕێیان دەدەنە

[a] ٣٠ مەڵۆ: دەسکە زیزان (زیوان) و دەغڵ.
[b] ٣١ ڕووەکێکە لە وڵاتی فەلەستین دەڕوێت، بەرزییەکەی لە ماوەی ساڵێک لە ڕواندنی دەگاتە نزیکەی ٣ بۆ ٤ مەتر.
[c] ٣٣ هەویرترش: هەوێن، خومرە.
[d] ٣٣ یۆنانی: سێ ساتا، واتە ٢٢ لیتر.
[e] ٣٥ زەبوورەکان ٧٨:٢
[f] ٣٩ مەبەست هاتنەوەی مەسیحە کاتێک لەسەر زەوی حوکم دەکات.

ناو کوورەی ئاگرەوە. جا لەوێ دەگریێن و جیڕەی ددانیان دێت.»

[٥١]عیسا لێی پرسین: «ئایا هەموو ئەمانە تێگەیشتن؟»

وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ.»

[٥٢]جا پێی فەرموون: «لەبەر ئەوە هەر مامۆستایەکی تەورات کە دەبێت بە قوتابی لە شانشینی ئاسمان، لە خاوەن ماڵێك دەچێت لە گەنجینەکەیدا نوێ و کۆن دەربهێنێت.»

## ڕەتکردنەوەی عیسا

[٥٣]کاتێك عیسا ئەم نموونانەی تەواو کرد لەوێ ڕۆیشت. [٥٤]هاتەوە شارەکەی خۆی، لە کەنیشتەکەیان فێری کردن، هەتا ئەوەی سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە ئەم دانایی و پەرجووانەی لەکوێ بوو؟ [٥٥]ئەمە کوڕی دارتاشەکە نییە؟ ئەی دایکی ناوی مریەم نییە؟ یاقوب و یوسف و شیمۆن و یەهوزا برای نین؟ [٥٦]ئەوە نییە خوشکەکانی هەموویان لەلامانن؟ ئەی ئەمە هەموو ئەمانەی لەکوێ بوو؟» [٥٧]جا ڕەتیان کردەوە.

بەڵام عیسا پێی فەرموون: «پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، تەنها لە شار و ماڵی خۆی نەبێت.»

[٥٨]لەوێدا پەرجووی زۆری نەکرد، لەبەر بێباوەڕییان.

## کوشتنی حەزرەتی یەحیا

١٤ لەو کاتەدا هێرۆدسی ئەنتیپاس فەرمانڕەوای[a] جەلیل ناوبانگی عیسای بیست، [٢]بە پیاوەکانی گوت: «ئەمە یەحیای لەئاوهەڵکێشە لەناو مردوواندا هەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت.»

[٣]هێرۆدس، لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلیپۆسی برای، یەحیای گرتبوو و پەلبەستی کردبوو و خستبوویە زیندانەوە، [٤]چونکە یەحیا پێی دەگوت: «دروست نییە براژنەکەت بخوازیت.» [٥]هێرۆدسیش دەیویست بیکوژێت، بەڵام لە خەڵکەکە دەترسا، چونکە بە پێغەمبەریان دادەنا.

[٦]لە جەژنی لەدایکبوونی هێرۆدس، کچی هێرۆدیا لەناوەڕاستی میواناندا سەمای کرد و هێرۆدسی دڵخۆش کرد، [٧]ئەوە بوو بە سوێندەوە بەڵێنی پێیدا، چی حەزی لێ بێت بیداتێ. [٨]کچەش بە فیتی دایکی، گوتی: «لێرە لەسەر سینییەك سەری یەحیای لەئاوهەڵکێشم بدەرێ.» [٩]پاشاش دڵگران بوو، بەڵام لەبەر سوێندەکان و میوانەکان، فەرمانی دا بیدەنێ. [١٠]ئینجا ناردی و لە زیندان سەری یەحیایان پەڕاند و [١١]سەرەکەی لەسەر سینییەك هێنرا و درایە کچەکە، ئەویش بردییە لای دایکی. [١٢]قوتابییەکانی هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و ناشتییان. ئینجا هاتن هەواڵیان دایە عیسا.

## تێربوونی پێنج هەزار کەس

[١٣]کە عیسا ئەمەی بیست، سواری بەلەمێك بوو و بە تەنها چووە شوێنێکی چۆڵ. کاتێك خەڵك بیستیان، لە شارەکانەوە بە پێیان دوای کەوتن. [١٤]کاتێك عیسا لە بەلەم دابەزی و خەڵکێکی لە ڕادەبەدەر زۆری بینی، دڵی پێیان سووتا و نەخۆشەکانی ئەوانی چاککردەوە.

[١٥]کاتێك ئێوارە داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای، گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە و کاتیش درەنگە. خەڵکەکە بەڕێبکە با بڕۆنە گوندەکان و خواردن بۆ خۆیان بکڕن.»

[١٦]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «پێویست ناکات بڕۆن. ئێوە شتێکیان بدەنێ با بیخۆن.»

[١٧]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «لێرە لە پێنج نان و دوو ماسی زیاترمان نییە.»

[١٨]ئەویش فەرمووی: «بۆمی بهێننە ئێرە.» [١٩]فەرمانی بە خەڵکەکە دا لەسەر گیاکە دانیشن. ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و تەماشای ئاسمانی کرد، سوپاسی خودای کرد و نانەکانی لەتکرد، ئینجا دایە قوتابییەکان و ئەوانیش دایانە خەڵکەکە. [٢٠]هەموو خواردیان و تێر بوون،

[a] ١ یۆنانی: تیترارك: فەرمانڕەوای هەرێمێك لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی.

پاشان لەو پەلکەنانەی مایەوە دوازدە سەبەتەی
پڕیان هەڵگرتەوە. ٢١نانخۆران نزیکەی پێنج هەزار
پیاو بوون، بێجگە لە ژن و منداڵ.

## عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

٢٢دەستبەجێ قوتابییەکانی ناچار کرد سواری
بەلەمەکە بن و پێش خۆی بڕۆنە ئەوبەر، تاکو
خەڵکەکە بەڕێ دەکات. ٢٣کاتێک خەڵکەکەی
بەڕێکرد، بە تەنها چووە سەر شاخ تاکو نوێژ بکات.
کە ئێوارە داهات بە تەنها لەوێ بوو، ٢٤بەلەمەکەش
ماوەیەکی زۆر لە وشکانییەوە دوور کەوتبووەوە،
شەپۆلەکانیش پێیاندا دەکێشا، چونکە بایەکە
پێچەوانە بوو. ٢٥پێش خۆرهەڵاتن عیسا هاتە لایان و
بەسەر دەریاچەکەدا دەڕۆیشت. ٢٦کاتێک قوتابییەکان
بینییان لەسەر دەریاچەکە دەڕوات، شێوان و گوتیان:
«ئەمە دێوەزمەیە!» لە ترسانیشدا هاواریان کرد.
٢٧دەستبەجێ عیسا قسەی لەگەڵ کردن: «ورەتان
بەرز بێ! منم. مەترسن.»
٢٨پەترۆس وەڵامی دایەوە: «گەورەم، ئەگەر تۆی،
فەرمانم پێبدە بەسەر ئاوەکەدا بێمە لات.»
٢٩فەرمووی: «وەرە.» پەترۆس لە بەلەمەکە
دابەزی و بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت و بەرەو لای
عیسا بەڕێکەوت. ٣٠بەڵام کاتێک بینی ڕەشەبایە، ترسا
و خەریک بوو نوقوم دەبوو، هاواری کرد: «گەورەم،
ڕزگارم بکە!»
٣١عیساش یەکسەر دەستی درێژکرد و گرتییەوە و
پێی فەرموو: «کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟»
٣٢کە سەرکەوتنە ناو بەلەمەکە، بایەکە وەستا.
٣٣ئەوانەی لەناو بەلەمەکەدا بوون، کڕنۆشیان بۆ برد
و گوتیان: «بەڕاستی تۆ کوڕی خودای.»
٣٤کاتێک پەڕینەوە، هاتنە خاکی جەنیسارەت.
٣٥خەڵکی ئاوایی عیسایان ناسییەوە، هەواڵیان دا بە
ناوچەکانی دەوروبەر و هەموو نەخۆشەکانیان بۆی
هێنا. ٣٦لێی دەپاڕانەوە کە تەنها دەست لە چمکی
کراسەکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێیدا
چاکبوونەوە.

## سەرپێچیکردنی ڕاسپاردەی خودا

١٥ ئینجا فەریسی و مامۆستایانی تەورات لە
ئۆرشەلیمەوە هاتنە لای عیسا و گوتیان:
٢«بۆچی قوتابییەکانت نەریتی پیران دەشکێنن؟ پێش
نانخواردن دەستیان ناشۆن!»
٣ئەویش وەڵامی دانەوە: «ئەی بۆچی ئێوە لەبەر
نەریتی خۆتان سەرپێچی لە ڕاسپاردەی خودا دەکەن؟
٤چونکە خودا فەرموویەتی: ﴿ڕێزی دایک و باوکتان
بگرن﴾[a]، ﴿ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات،
دەبێت بکوژرێت.﴾[b] ٥بەڵام ئێوە دەڵێن: "ئەگەر
یەکێک بە دایک یان باوکی گوت: 'ئەوەی بەنیاز بووم
بیدەمە ئێوە بۆ خودام تەرخان کردووە،' ٦ئەو ئەرکەی
ناخەنە سەر کە ڕێزی دایک و باوکی بگرێت." جا
لەبەر نەریتی خۆتان دەسەڵاتی ڕاسپاردەی خودا ڕەت
دەکەنەوە. ٧ئەی دووڕووان! سەبارەت بە ئێوە ئیشایای
پێغەمبەر پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت:

٨«﴿ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت،
بەڵام دڵی لێم دوورە.
٩بەخۆڕایی دەمپەرستن،
تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵک
دەکەن.﴾»[c]

## ئەوەی مرۆڤ گڵاو دەکات

١٠عیسا خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون:
«گوێ بگرن و تێبگەن. ١١ئەوەی دەچێتە ناو دەمەوە
مرۆڤ گڵاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لە دەم دێتە
دەرەوە، ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات.»
١٢ئینجا قوتابییەکان هاتنە پێش و لێیان پرسی:
«دەزانی کاتێک فەریسییەکان گوێیان لە قسەکە بوو
بێزار بوون؟»
١٣وەڵامی دایەوە: «هەر ڕووەکێک باوکی ئاسمانیم
نەیچاندبێت، هەڵدەکەنرێت. ١٤وازیان لێ بهێنن،

---

[a] ٤ دەرچوون ١٢:٢٠ و دواوتار ١٦:٥
[b] ٤ دەرچوون ١٧:٢١ و لێڤییەکان ٩:٢٠
[c] ٩ ئیشایا ١٣:٢٩

ئەوانە کوێرن ڕابەرایەتی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر
کوێر ڕابەرایەتی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە
چاڵەوە.»
١٥پەترۆس پێی گوت: «ئەم نموونەیەمان بۆ ڕوون
بکەوە.»
١٦عیسا فەرمووی: «ئێوەش هێشتا تێناگەن؟
١٧نازانن هەرچی دەچێتە ناو دەم دەڕواتە ناو سك،
دوایی فڕێدەدرێتە دەرەوە؟ ١٨بەڵام ئەوەی لە دەم
دێتە دەرەوە، لە دڵەوە دێت، ئەمە مرۆڤ گڵاو
دەکات، ١٩چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت،
کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ،
کفرکردن. ٢٠ئەمانە مرۆڤ گڵاو دەکەن. بەڵام خواردن
بەبێ دەست شوشتن مرۆڤ گڵاو ناکات.»

## باوەڕی ژنێکی کەنعانی

٢١عیسا لەوێ ڕۆیشت و چوو بۆ ناوچەکانی سور
و سەیدا. ٢٢ژنێکی کەنعانی خەڵکی دەوروبەری
ئەوێ، بەرەو ڕووی هات و هاواری کرد: «گەورەم،
کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە! کچەکەم بە
خراپی ڕۆحی پیسی تێدایە.»
٢٣بەڵام عیسا بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە.
قوتابییەکانی هاتنە پێشی و تکایان لێی کرد: «بەڕێی
بکە، وا بەدوامانەوە هاوار دەکات.»
٢٤وەڵامی دایەوە: «من تەنها بۆ مەڕە ونبووەکانی
ماڵی ئیسرائیل نێردراوم.»
٢٥بەڵام ژنەکە هات، کڕنۆشی بۆ برد و گوتی:
«گەورەم یارمەتیم بدە!»
٢٦وەڵامی دایەوە: «ناشێت نانی منداڵان ببڕدرێت
و فڕێبدرێت بۆ سەگ.»
٢٧ژنەکە گوتی: «ڕاستە گەورەم، بەڵام سەگیش
لەو پاشماوەیە دەخوات کە لە خوانی گەورەکانی
بەردەبێتەوە.»
٢٨ئینجا عیسا وەڵامی دایەوە: «خانم، باوەڕی تۆ
بەهێزە! ئەوەی داوای دەکەیت با بۆت ببێت.» لەو
کاتەوە کچەکەش چاك بووەوە.

## ناندانی چوار هەزار کەس

٢٩ئینجا عیسا لەوێ ڕۆیشت و هاتە لای دەریاچەی
جەلیل، چووە سەر شاخێك و لەوێ دانیشت. ٣٠ئەوە
بوو خەڵکێکی زۆر هاتنە لای، شەل و کوێر و گۆج
و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوو، لەبەرپێی
دایانان، ئەویش چاکیکردنەوە. ٣١تەنانەت خەڵکەکە
سەرسام بوون کە بینییان لاڵ قسە دەکات و گۆج
چاکدەبێتەوە و شەل دەڕوات و کوێر دەبینێت، جا
ستایشی خودای ئیسرائیلیان کرد.
٣٢ئینجا عیسا قوتابییەکانی بانگکرد و فەرمووی:
«دڵم بەو خەڵکە دەسووتێت، ئەوە سێ ڕۆژە
لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن. ناشمەوێت بە
برسیێتی بیاننێرمەوە، نەوەك لە ڕێگا بڕ نەکەن.»
٣٣قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: «لەم چۆڵەوانییە
ئەو نانە زۆرەمان لەکوێ بوو بۆ ناندانی ئەم هەموو
خەڵکە؟»
٣٤عیساش پێی فەرموون: «چەند نانتان پێیە؟»
گوتیان: «حەوت، لەگەڵ چەند ماسییەکی
بچکۆلە.»
٣٥ئیتر فەرمانی دا خەڵکەکە لەسەر زەوی دانیشن.
٣٦حەوت نان و ماسییەکانی برد، سوپاسی خودای
کرد و لەتی کردن و دایە قوتابییەکان، قوتابییەکانیش
دایانە خەڵکەکە. ٣٧هەموو خواردیان و تێربوون،
دوایی حەوت سەبەتەی پڕ پەلکەنانیان کۆکردەوە.
٣٨نانخۆران چوار هەزار پیاو بوون، بێجگە لە ژن و
منداڵ. ٣٩ئینجا عیسا خەڵکەکەی بەڕێکرد و سواری
بەلەم بوو و هاتە سنووری مەگەدان.

## داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

١٦ فەریسی و سەدوقییەکان هاتنە لای عیسا
بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێکرد
نیشانەیەکی ئاسمانییان پیشان بدات.
٢وەڵامی دایەوە: «کە ئێوارە داهات، دەڵێن
"ساماڵە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە،" ٣سەر لە
بەیانیش، "ئەمڕۆ هەورە، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە
و ڕووگرژە." ئێوە دەزانن ڕووی ئاسمان بخوێننەوە،

بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێکبدەنەوە!
٤ نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە
دەکات، نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونس.»
ئینجا بەجێی هێشتن و ڕۆیشت.
٥ کاتێك قوتابییەکان گەیشتنە ئەوبەری
دەریاچەکە، لەبیریان چووبوو لەگەڵ خۆیان نان
ببەن. ٦ عیسا پێی فەرموون: «وریابن، ئاگاداری
هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان بن.»
٧ لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان کرد و گوتیان: «لەبەر
ئەوەیە کە نانمان نەهێناوە.»
٨ عیسا زانی و پێی فەرموون: «ئەی کەم باوەڕینە،
بۆچی لەنێو خۆتان دەڵێن نانمان نییە؟ ٩ ئایا هێشتا
تێنەگەیشتوون؟ نایەتە بیرتان پێنج نانەکەی پێنج
هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟
١٠ یان حەوت نانەکەی چوار هەزارەکە و چەند
سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ ١١ چۆن تێناگەن من
باسی نانم بۆ نەکردن؟ لە هەویرترشی فەریسی و
سەدوقییەکان ئاگاداربن!» ١٢ ئینجا تێگەیشتن کە ئەو
لە هەویرترشی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە
فێرکردنی فەریسی و سەدوقییەکان.

## پەترۆس دان بە مەسیحدا دەنێت

١٣ کە عیسا گەیشتە ناوچەی قەیسەرییەی
فیلیپۆس، لە قوتابییەکانی پرسی: «ئایا خەڵك دەڵێن
کوڕی مرۆڤ کێیە؟»
١٤ گوتیان: «هەندێك دەڵێن یەحیای
لەئاوهەڵکێشە، هەندێکی دیکە دەڵێن ئەلیاسە،
هەندێکیش یەرمیا یان یەکێك لە پێغەمبەران.»
١٥ پێی فەرموون: «ئەی ئێوە دەڵێن من کێم؟»
١٦ شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحیت،
کوڕی خودای زیندووی.»
١٧ عیساش وەڵامی دایەوە: «شیمۆنی کوڕی یۆنا،
خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن
ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە
لە ئاسمانە. ١٨ منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی[a] و
لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی[b] خۆم بنیاد دەنێم کە
دەروازەکانی دۆزەخ[c] پێی ناوێرێت.[d] ١٩ کلیلەکانی
شانشینی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی تۆ لەسەر
زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو دەبێت،
ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە
دەبێت.» ٢٠ ئینجا فەرمانی دایە قوتابییەکان بە کەس
نەڵێن کە ئەو مەسیحە.

## یەکەم باسی مردنی عیسا

٢١ لەو کاتەوە عیسا دەستی بە ڕوونکردنەوە کرد
بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ
بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی
تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی
سێیەم هەستێنرێتەوە.
٢٢ پەترۆس هێنایە ئەم لاوە و دەستی کرد بە
سەرزەنشتکردنی: «خودا نەکات گەورەم! هەرگیز
ئەمەت بەسەرنەیەت!»
٢٣ عیسا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو:
«لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! تۆ کۆسپی
لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خوداییەکان
ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.»

## خۆ ئامادەکردن بۆ مردن

٢٤ ئینجا عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەگەر
یەکێك ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات
و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت. ٢٥ ئەوەی
بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت،
بەڵام ئەوەی لە پێناوی من ژیانی خۆی بدۆڕێنێت،
دەیدۆزێتەوە. ٢٦ چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر
هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ یان
مرۆڤ بۆ کڕینەوەی خۆی چی دەدات؟ ٢٧ کوڕی
مرۆڤ بە شکۆی باوکییەوە لەگەڵ فریشتەکانی خۆی

[a] ١٨ پەترۆس بە زمانی یۆنانی واتە بەرد.

[b] ١٨ یۆنانی: کڵێسا.

[c] ١٨ مەبەست لەوەیە کە دوژمن لە بەهێزترین خاڵی خۆی ناتوانێت بەرەنگاری کڵێسا ببێتەوە و هەرگیز کڵێسا تێکناشکێت.

[d] ١٨ مەبەست لەوەیە کە کڵێسا نامرێت.

دەگەڕێتەوە، ئەوسا پاداشتی هەرکەسێك بەپێی
کرداری دەداتەوە. ٢٨ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێك
لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مردن ناچێژن تاکو کوڕی
مرۆڤ نەبینن بە شانشینەکەیەوە دێتەوە.»

## شێوە گۆڕانی عیسا

١٧ دوای شەش ڕۆژ عیسا پەترۆس و یاقوب
و یۆحەنای برای برد و بە تەنها بۆ سەر
چیایەکی بەرز ڕابەرایەتی کردن. ٢لەپێشیان شێوەی
گۆڕا، ڕووی وەك ڕۆژ دەدرەوشایەوە و جلەکانی وەك
ڕووناکی سپی هەڵگەڕان. ٣لەناکاو موسا و ئەلیاسیان
بۆ دەرکەوت و لەگەڵ عیسادا کەوتنە گفتوگۆ.
٤ئینجا پەترۆس بە عیسای گوت: «گەورەم، پێمان
باشە لێرە بین. ئەگەر حەز بکەیت لێرە سێ کەپر
دروستدەکەم، یەکێك بۆ تۆ و یەکێك بۆ موسا و
یەکێکیش بۆ ئەلیاس.»
٥کاتێك قسەی دەکرد، هەورێکی ڕۆشن باڵی
بەسەریاندا کێشا و دەنگێك لە هەورەکەوە
فەرمووی: «ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی
دڵشادم. گوێی لێ بگرن!»
٦کاتێك قوتابییەکان گوێیان لێبوو، بەدەمدا
کەوتن، زۆر ترسان. ٧بەڵام عیسا هات، دەستی لێدان
و فەرمووی: «هەستن، مەترسن!» ٨ئینجا چاویان
هەڵبڕی و لە عیسا زیاتر کەسیان نەبینی.
٩کاتێك لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی
پێدان: «ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، هەتا کوڕی
مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێنرێتەوە.»
١٠قوتابییەکانی لێیان پرسی: «باشە بۆچی
مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت یەکەم جار
ئەلیاس بێت؟»
١١عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستە، ئەلیاس دێت و
هەموو شتێك ڕێك دەخاتەوە. ١٢بەڵام پێتان دەڵێم:
ئەلیاس هات و نەیانناسی، چییان ویست پێیان
کرد. هەروەها کوڕی مرۆڤیش بە دەستیانەوە ئازار
دەچێژێت.» ١٣ئەوسا قوتابییەکان تێگەیشتن کە
باسی یەحیای لەئاوهەڵکێشی بۆ کردن.

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

١٤کاتێك گەیشتنە لای خەڵکەکە، کابرایەك هات
و لەبەردەمی چۆکی دادا و ١٥گوتی: «گەورەم،
بەزەییت بە کوڕەکەمدا بێتەوە، فێدارە و ئازارێکی
زۆر دەچێژێت. زۆر جار دەکەوێتە ناو ئاگر و زۆر
جاریش ناو ئاوەوە. ١٦هێنامە لای قوتابییەکانت،
بەڵام نەیانتوانی چاکی بکەنەوە.»
١٧جا عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەی نەوەی بێباوەڕ و
خوار، هەتا کەی لەگەڵتان بم؟ هەتا کەی بەرگەتان
بگرم؟ بیهێننە ئێرە بۆ لام.» ١٨عیسا لە ڕۆحە
پیسەکەی ڕاخوڕی و لە کوڕەکە هاتە دەرەوە، لەو
کاتەوە کوڕەکە چاك بووەوە.
١٩پاشان قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای عیسا و
گوتیان: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەریبکەین؟»
٢٠ئەویش پێی فەرموون: «لەبەر کەمی باوەڕتان.
ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر ئەوەندەی دەنکە
خەردەلێك باوەڕتان هەبێ، بەو کێوە دەڵێن "لەوێ
بڕۆ،" دەڕوات و شتێك بۆتان مەحاڵ نابێت. [ ٢١بەڵام
ئەم جۆرە ڕۆحانە دەرناکرێن، بە نوێژ و ڕۆژوو
نەبێت.]»

## دووەم باسی مردنی عیسا

٢٢کاتێك قوتابییەکان لە جەلیل کۆبوونەوە، عیسا
پێی فەرموون: «کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵك
و ٢٣دەیکوژن، لە ڕۆژی سێیەم هەڵدەستێنرێتەوە.»
ئەوانیش زۆر دڵگران بوون.

## باجی پەرستگا

٢٤کاتێك عیسا و قوتابییەکانی گەیشتنە
کەفەرناحوم، باجگرانی دوو درهەمەکە[a] هاتنە
لای پەترۆس و گوتیان: «ئەرێ مامۆستاتان دوو
درهەمەکە نادات؟»
٢٥گوتی: «بەڵێ.»
کاتێك پەترۆس هاتە ماڵەوە، عیسا پێشی کەوت

[a] ٢٤ باجی تایبەت بووە بە پەرستگا، ساڵانە کۆدەکرایەوە. بڕوانە دەرچوون ١٣:٣٠.

و فەرمووی: «ڕات چییە شیمۆن؟ پاشایانی زەوی
سەرانە و باج لە کێ وەردەگرن؟ لە هاوڵاتییانی
خۆیان یان لە خەڵکی بیانی؟»
٢٦پەترۆس گوتی: «لە بیانی.»
عیساش پێی فەرموو: «کەواتە ڕۆڵەکان ئازادن.
٢٧بەڵام تاکو بۆیان نەبینە کۆسپ، بڕۆ دەریاچەکە و
قولاپ هەڵبدە، یەکەم ماسی کە دەیگریت، دەمی
بکەرەوە، دراوێکی ستاتیر[a] دەبینیتەوە، بیبە و لە
جیاتی خۆم و خۆت بیاندەرێ.»

## کێ لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە؟

١٨ لەو کاتەدا قوتابییەکان هاتنە لای عیسا
و گوتیان: «کێ لە شانشینی ئاسماندا
پایەبەرزترە؟»
٢ئەویش منداڵێکی بانگکرد و لە ناوەڕاستیاندا
ڕایگرت، ٣فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر
نەگۆڕێن و وەك منداڵتان لێنەیەت، هەرگیز ناچنە
شانشینی ئاسمان. ٤بۆیە ئەوەی وەك ئەم منداڵە
خۆی نزم بکاتەوە، لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە.
٥«ئەوەی بە ناوی من پێشوازی لە منداڵێکی وەك
ئەمە بکات، پێشوازی لە من دەکات. ٦بەڵام ئەوەی
ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لەم بچووکانەی کە باوەڕیان
بە من هەیە، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە
ملیەوە هەڵبواسرێت و نوقومی بنی دەریا بکرێت.
٧«قوڕبەسەر جیهان لەبەر ئەو کۆسپانەی کە مرۆڤ
تووشی گوناه دەکەن! چونکە کۆسپەکان هەر دەبێ
هەبن، بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی دەبێتە هۆی کۆسپەکان!
٨ئەگەر دەستت یان پێت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە
و فڕێیبدە.[b] باشترە بۆ ئەو کەسە بێ دەست یان بێ
قاچ بچێتە ناو ژیانەوە لەوەی بە دوو دەست یان دوو
پێیەوە فڕێبدرێیتە ناو ئاگری هەتاهەتایی. ٩ئەگەر
چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. باشترە
بە یەك چاو بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی بە دوو چاوەوە
بخرێیتە ئاگری دۆزەخەوە.

## نموونەی مەڕی ونبوو

١٠«ئاگاداربن! بە سووکی مەڕواننە یەکێك لەم
بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە، چونکە پێتان
دەڵێم فریشتەکانیان لە ئاسماندا بەردەوام ڕووی
باوکم دەبینن کە لە ئاسماندایە. [ ١١چونکە کوڕی
مرۆڤ هاتووە ونبووان ڕزگار بکات.]
١٢«ڕاتان چییە؟ ئەگەر یەکێك سەد سەر مەڕی
هەبێت و دانەیەکی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و
نۆیەکە لە چیادا بەجێناهێڵێت تاکو بچێت بەدوای
ونبووەکەدا بگەڕێت؟ ١٣ڕاستیتان پێ بڵێم: ئەگەر
دۆزییەوە، لە نەوەد و نۆیەکەی تر کە بزر نەبوون
زیاتر پێی دڵخۆش دەبێت! ١٤بە هەمان شێوە باوکتان
لە ئاسمان نایەوێت یەکێك لەم بچووکانە لەناوبچێت.

## گلەیی برایانە

١٥«ئەگەر خوشك یان براکەت خراپەی لەگەڵ
کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی
گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براکەت
بەدەستدەهێنیتەوە. ١٦خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەك
یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو ﴿هەر بابەتێك
لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی
بسەلمێنرێت.﴾[c] ١٧ئەگەر بەگوێی نەکردن، بە
کڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی کڵێساشی نەکرد، ئەوا بە
بتپەرست و باجگری دابنێ.
١٨«ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی لەسەر زەوی گرێی
بدەن، لە ئاسمانیش گرێدراو دەبێت، ئەوەی لەسەر
زەوی بیکەنەوە، لە ئاسمانیش کراوە دەبێت.
١٩«دیسان ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر دووان لە ئێوە
لەسەر زەوی لەسەر هەر شتێك ڕێك بکەون، هەرچی
داوا بکەن، لەلایەن باوکم کە لە ئاسمانە، بۆیان
دەبێت، ٢٠چونکە لە هەرکوێیەك دوو یان سێ کەس
بە ناوی منەوە کۆببنەوە، من لەوێ لەنێوانیاندا دەبم.»

[a] ٢٧ ستاتیر جۆرە دراوێك بووە کە دەیکردە چوار درهەم.

[b] ٨ لێرەدا مەبەست لە بڕینی ئەندامی لەش نییە بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە باوەڕدار ئامادەبێت ئەندامی لەشی خۆی ببڕێت بەڵام گوناه نەکات.

[c] ١٦ دواوتار ١٥:١٩

## گەردن ئازادکردن

[21]ئینجا پەترۆس هات و پێی گوت: «گەورەم،
دەبێ چەند جار گەردنی براکەم ئازاد بکەم کە
خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟»
[22]عیساش پێی فەرموو: «من پێت ناڵێم حەوت
جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار!
[23]«لەبەر ئەوە پاشایەتی ئاسمان لە پاشایەك
دەچێت ویستی حیساب لەگەڵ خزمەتکارەکانی
بکات. [24]کاتێك دەستی پێکرد، یەکێکیان بۆ هێنا دە
هەزار کیسە زێڕ[a] قەرزار بوو. [25]کە هیچی نەبوو
بیداتەوە، گەورەکەی فەرمانی دا، خۆی و ژن و منداڵ
و هەرچی هەیەتی بفرۆشرێت و قەرزەکە بداتەوە.
[26]«لەبەر ئەوە خزمەتکارەکە لەبەردەمی
چۆکی دادا و گوتی: ”لەسەرم ڕابوەستە، هەمووت
دەدەمەوە.“ [27]گەورەی ئەو خزمەتکارە دڵی پێی
سووتا، ئازادی کرد و لە قەرزەکە خۆشبوو.
[28]«ئەم خزمەتکارە ڕۆیشت، خزمەتکارێکی هاوکاری
خۆی بینی کە سەد دینار[b] قەرزاری بوو، ملی گرت و
گوتی: ”ئەوەی بەسەرتەوەیە بمدەرەوە!“
[29]«خزمەتکارە هاوکارەکەی لەبەرپێی کەوت، لێی
پاڕایەوە: ”لەسەرم ڕابوەستە، دەتدەمەوە.“
[30]«بەڵام ڕازی نەبوو، چوو فڕێیدایە زیندانەوە،
هەتا قەرزەکەی بداتەوە. [31]کاتێك خزمەتکارە
هاوکارەکانیان ڕووداوەکەیان بینی، زۆریان پێ
ناخۆش بوو، هاتن و هەموو ئەوەی ڕوویدابوو بۆ
گەورەکەیان گێڕایەوە.
[32]«ئەوسا گەورەکەی بانگی کرد و پێی گوت:
”خزمەتکاری بەدکار، لە هەموو ئەو قەرزە خۆشبووم،
چونکە لێم پاڕایتەوە. [33]ئایا نەدەبوو تۆش بەزەییت بە
خزمەتکارە هاوکارەکەتدا بێتەوە، وەك بەزەییم پێتدا
هاتەوە؟“ [34]جا گەورەکەی تووڕە بوو و دایە دەست
جەلادەکانەوە، هەتا هەموو قەرزەکەی بداتەوە.
[35]«باوکی ئاسمانیشم واتان لێدەکات، ئەگەر
هەریەکەتان لە دڵەوە گەردنی خوشکی یان براکەی
ئازاد نەکات.»

## ژن هێنان و تەڵاقدان

19 کاتێك عیسا لەم قسانە بووەوە، جەلیلی
بەجێهێشت و هاتە هەرێمی یەهودیا، لە
پشت ڕووباری ئوردون. [2]خەڵکێکی زۆر دوای کەوت،
ئەویش لەوێ چاکیکردنەوە.
[3]هەندێك فەریسی هاتنە لای بۆ ئەوەی تاقیی
بکەنەوە، گوتیان: «ئایا دروستە مێرد لەبەر هەر
هۆیەك بێت ژنەکەی تەڵاق بدات؟»
[4]عیسا وەڵامی دانەوە: «ئایا نەتانخوێندووەتەوە،
ئەوەی لە سەرەتاوە بەدیهێناوە ﴿بە نێر و مێ
بەدیهێنان﴾[c]؟ [5]هەروەها فەرمووی: ﴿لەبەر ئەوە
پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە
ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە
یەك جەستە.﴾[d] [6]کەواتە چیتر دوو نین بەڵکو یەك
جەستەن. لەبەر ئەوە ئەوەی خودا بە یەکتری
گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە.»
[7]لێیان پرسی: «ئەی بۆچی موسا فەرمانی داوە
تەڵاقنامە بدرێت و تەڵاق بکەوێت؟»
[8]پێی فەرموون: «لەبەر دڵڕەقیتان موسا ڕێی دان
ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو.
[9]بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی
ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت،
ئەوا داوێنپیسی دەکات.»
[10]قوتابییەکانی پێیان گوت: «ئەگەر حاڵی پیاو
لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!»
[11]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «هەموو خەڵکی
ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، تەنها ئەوانەی
پێیان دراوە. [12]خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن
مرۆڤ خەساندویانن[e]، خەڵکیش هەیە بڕیاریان داوە

---

[a] ٢٤ کیسە زێڕ: یۆنانی: تالنت، هەر تالنتێك نزیکەی ٣٤ کگم بووە؛ یەك تالنت زێڕ دەکاتە کرێی ١٥ ساڵی کرێکارێك.
[b] ٢٨ دینارێك کرێی یەك ڕۆژی کرێکارێك بووە.

[c] ٤ پەیدابوون ١:٢٧.
[d] ٥ پەیدابوون ٢:٢٤.
[e] ١٢ لەو سەردەمە هەندێك لە پیاوە گەورەکان کۆیلەکانی خۆیان دەخەساند، تەنها بۆ کارپێکردن تەرخان دەکران.

لە پێناوی شانشینی ئاسمان وەك خەساو بژین[a]. کێ
دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات.»
١٣ ئینجا خەڵکی منداڵیان هێنایە لای عیسا تاوەکو
دەستیان لەسەر دابنێت و نوێژ بکات، کەچی
قوتابییەکان سەرزەنشتیان کردن.
١٤ بەڵام عیسا فەرمووی: «لێگەڕێن منداڵان بێنە لام،
ڕێیان لێ مەگرن، چونکە شانشینی ئاسمان هی وەك
ئەمانەیە.» ١٥ دەستی لەسەر دانان و لەوێ ڕۆیشت.

## گەنجە دەوڵەمەندەکە

١٦ ئینجا یەکێك هاتە لای و گوتی: «مامۆستا، چ
چاکەیەك بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتاییم هەبێت؟»
١٧ عیسا وەڵامی دایەوە: «بۆچی لەبارەی چاکەوە
پرسیارم لێ دەکەیت؟ تەنها یەکێك چاکە. بەڵام
ئەگەر دەتەوێت بچیتە ناو ژیانەوە، ڕاسپاردەکان
بەجێبگەیەنە.»
١٨ پێی گوت: «کامیان؟»
عیساش فەرمووی: «﴿مەکوژە، داوێنپیسی
مەکە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، ١٩ ڕێزی دایك و
باوکت بگرە،﴾[b] هەروەها ﴿نزیکەکەت وەك خۆت
خۆشبوێت.﴾[c]»
٢٠ گەنجەکەش پێی گوت: «ئەمانەم هەمووی
کردووە، ئیتر لە چیم کەمە؟»
٢١ عیسا پێی فەرموو: «ئەگەر دەتەوێت تەواو
بیت، بڕۆ سامانەکانت بفرۆشە و بیدە هەژاران،
ئیتر گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت و وەرە دوام
بکەوە.»
٢٢ بەڵام گەنجەکە کە ئەم وشەیەی بیست، بە
دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری
هەبوو.
٢٣ عیساش بە قوتابییەکانی فەرموو: «ڕاستیتان پێ
دەڵێم: دەوڵەمەند بە سەختی دەچێتە ناو شانشینی
ئاسمانەوە. ٢٤ دیسان پێتان دەڵێم: ئاسانترە وشترێك
بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێك
بچێتە ناو شانشینی خوداوە.»
٢٥ قوتابییەکان کە گوێیان لەمە بوو زۆر سەرسام
بوون، گوتیان: «کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟»
٢٦ عیساش سەیری کردن و فەرمووی: «ئەمە بۆ
مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا هەموو شتێك
دەبێت.»
٢٧ ئینجا پەترۆس وەڵامی دایەوە و پێی گوت:
«ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێك هێناوە و
دوات کەوتووین، ئێمە چیمان بۆ دەبێت؟»
٢٨ عیساش پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، لە
نوێبوونەوەدا[d]، کاتێك کوڕی مرۆڤ لەسەر تەختی
شکۆی خۆی دادەنیشێت، ئێوەش کە دوام کەوتوون
لەسەر دوازدە تەخت دادەنیشن و دوازدە هۆزەکەی
ئیسرائیل حوکم دەدەن. ٢٩ هەرکەسێکیش لەبەر ناوی
من، ماڵ یان برا یان خوشك یان دایك یان باوك یان
منداڵ یان کێڵگەی بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە
وەردەگرێتەوە و ژیانی هەتاهەتاییش بە میرات
وەردەگرێت. ٣٠ بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە
دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین.»

## نموونەی کرێکارانی ناو ڕەز

٢٠ «چونکە شانشینی ئاسمان لە گەورەی
ماڵێك دەچێت، بەیانی زوو دێتە دەرەوە
تاکو بچێت کرێکار بۆ ڕەزەکەی بگرێت. ٢ لەگەڵ
کرێکارەکان ڕۆژی بە دینارێك ڕێککەوت، ئینجا
ئەوانی بۆ ڕەزەکەی نارد.
٣ «نزیکی کاتژمێر نۆ[e] دووبارە چووە دەرەوە، لە
مەیداندا هەندێکی دیکەی بینی بێکار ڕاوەستابوون،
٤ پێی گوتن: ”ئێوەش بڕۆنە ڕەزەکە، چەندتان بکەوێ
دەتاندەمێ.“ ٥ ئەوانیش ڕۆیشتن.

[a] ١٢ باوەڕدار لە پێناوی خزمەتکردنی مەسیح بە ڕەبەنی دەمێنێتەوە.
[b] ١٩ دەرچوون ٢٠:١٢-١٦ و دواوتار ٥:١٦-٢٠
[c] ١٩ لێڤییەکان ١٩:١٨
[d] ٢٨ مەبەست لە کاتی ڕۆژی زیندووبوونەوەیە، کە هەموو شتێك سەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە.
[e] ٣ دەکاتە کاتژمێری سێیەم بە کاتی عیبری. دەستپێکردنی ڕۆژ و کاتژمێر لە کاتی عیبری کاتژمێر شەش بووە بە کاتی ئێستا.

«ئینجا کاتژمێر دوازدە و کاتژمێری سێ ڕۆیشتەوە
و هەمان شتی کردەوە. [٦]نزیکی کاتژمێر پێنجی ئێوارە
دیسان ڕۆیشت، کرێکاری دیکەی بینی ڕاوەستاون، لێی
پرسین: "بۆچی بە درێژایی ڕۆژ لێرە بێکار ڕاوەستاون؟"
[٧]وەڵامیان دایەوە: "چونکە کەس بە کرێی
نەگرتووین." ئەویش پێی گوتن: "ئێوەش بڕۆنە
ڕەزەکە!"

[٨]«کاتێك ئێوارە داهات خاوەن ڕەزەکە بە
سەرکارەکەی خۆی گوت: "کرێکارەکان بانگ بکە و
کرێیەکانیان بدەرێ، لەوانەی کۆتاییەوە دەستپێبکە
تاکو یەکەم."

[٩]«جا ئەوانەی کاتژمێر پێنج[a] هاتن، هەریەکە
دیناریێکیان وەرگرت. [١٠]یەکەمینەکانیش هاتن و
وایانزانی زیاتر وەردەگرن، بەڵام هەریەکە دیناریێکیان
وەرگرت. [١١]کە وەریاندەگرت بۆڵەبۆڵیان بەسەر
خاوەن ماڵ دەکرد و [١٢]دەیانگوت: "دواهەمینەکان
کاتژمێریێك ئیشیان کرد. تۆش لەگەڵ ئێمە یەکسانت
کردن کە گرانی و گەرمای ڕۆژمان کێشاوە."

[١٣]«وەڵامی یەکێکیانی دایەوە: "برادەر، من غەدرم
لێ نەکردوویت. ئایا لەگەڵ من بە دیناریێك ڕێك
نەکەوتوویت؟ [١٤]هی خۆت ببە و بڕۆ. من دەمەوێت
بەوەی دواهەمینیش وەك تۆی بدەمێ. [١٥]ئایا بۆم
نییە ئەوەی دەمەوێت بە ماڵی خۆمی بکەم؟ یان
چاوت هەڵنایەت چونکە من چاکم؟"

[١٦]«بەم شێوەیە دواهەمین دەبنە یەکەمین و
یەکەمینیش دەبنە دواهەمین.»

## سێیەم باسی مردنی عیسا

[١٧]کاتێك عیسا بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوت، دوازدە
قوتابییەکەی جیا کردەوە و بە ڕێگاوە پێی فەرموون:
[١٨]«ئەوا بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوین، کوڕی مرۆڤ
دەدرێتە دەست کاهینانی باڵا و مامۆستایانی
تەورات، ئەوانیش بڕیاری مردنی دەدەن و [١٩]بۆ
گاڵتە پێکردن و بە قامچی لێدان و لەخاچدان
دەیدەنە دەست نەتەوەکان، لە ڕۆژی سێیەمیش
هەڵدەستێنرێتەوە.»

## خزمەتکار پایەبەرزترینە

[٢٠]ئینجا دایکی کوڕەکانی زەبدی لەگەڵ کوڕەکانی
هاتە لای و کڕنۆشی برد و داوای لێکرد شتێکی بۆ
بکات.

[٢١]ئەویش پێی فەرموو: «چیت دەوێت؟» گوتی:
«بفەرموو با هەردوو کوڕەکەم لە شانشینییەکەتدا
یەکێکیان لەلای ڕاستت و ئەوی دیکەیان لەلای
چەپت دانیشن.»

[٢٢]عیسا وەڵامی دایەوە: «ئێوە نازانن داوای چی
دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە[b] بخۆنەوە کە من
دەیخۆمەوە؟» وەڵامیان دایەوە: «دەتوانین.»

[٢٣]ئەویش پێی فەرموون: «لە ڕاستیدا لە جامی من
دەخۆنەوە، بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە،
بۆ من نییە بیدەم، بەوانە نەبێت کە باوکم بۆی
ئامادە کردوون.»

[٢٤]کاتێك دە قوتابییەکە بیستیان، لە دوو براکە
تووڕە بوون. [٢٥]بەڵام عیسا بانگی کردن و فەرمووی:
«دەزانن سەرۆك نەتەوەکان وەك میر فەرمانڕەواییان
بەسەردا دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان
بەسەریاندا جێبەجێ دەکەن. [٢٦]جا لەنێو ئێوەدا ئاوا
نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی
بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان و [٢٧]ئەوەش کە
دەیەوێ لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەتان،
[٢٨]هەروەك کوڕی مرۆڤ کە نەهاتووە تاکو خزمەت
بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت
بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر.»

## چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا

[٢٩]کاتێك عیسا و قوتابییەکانی ئەریحایان
بەجێدەهێشت، خەڵکێکی زۆر دوای کەوت. [٣٠]ئەوە
بوو دوو کەسی نابینا لە قەراغ ڕێگاکەدا دانیشتبوون،

[a] ٩ یۆنانی: کاتژمێری یازدەیەم.

[b] ٢٢ مەبەستی لەو ئازارەیە کە بەگوێرەی پلانی خودا لەسەر خاچ دەیچێژێت.

کاتێك گوێیان لێبوو عیسا وا بەوێدا دەڕوات،
هاواریان کرد: «گەورەم، کوڕی داود، بەزەییت
پێماندا بێتەوە.»
٣١ جا خەڵکەکە سەرزەنشتیان کردن تاکو بێدەنگ
بن، بەڵام ئەوان زیاتر هاواریان کرد: «گەورەم، کوڕی
داود، بەزەییت پێماندا بێتەوە!»
٣٢ عیسا ڕاوەستا، بانگی کردن و فەرمووی: «چیتان
دەوێت بۆتان بکەم؟»
٣٣ وەڵامیان دایەوە: «دەمانەوێت چاومان
بکەیتەوە، گەورەم.»
٣٤ عیساش دڵی پێیان سووتا و دەستی لە چاویان دا،
دەستبەجێ ڕۆشنایی هاتەوە چاویان و دوای کەوتن.

## کەژاوەی پاشایانە

٢١ کاتێك لە ئۆرشەلیم نزیك بوونەوە،
گەیشتنە بێتفاجی لەلای کێوی زەیتوون،
عیسا دووان لە قوتابییەکانی نارد و ٢ پێی فەرموون:
«بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، دەستبەجێ
ماکەرێك دەبینن بەستراوەتەوە، جاشکەکەی لەگەڵە.
بیکەنەوە و بۆ منیان بهێنن. ٣ ئەگەر یەکێك شتێکی
پێ گوتن، دەڵێن: گەورەمان پێویستی پێیانە، ئەویش
یەکسەر دەیاننێرێت.»
٤ ئەمەش ڕوویدا تاکو ئەوەی لە ڕێگەی
پێغەمبەرەکە[a] گوتراوە بێتە دی کە دەفەرموێ:

٥ ﴿بە شاری سییۆن بڵێن،
ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات،
دڵنەرمە و سواری ماکەرێك و
جاشی ماکەرێك بووە.﴾[b]

٦ قوتابییەکان ڕۆیشتن و وەك عیسا فەرمانی
پێدابوون، کردیان. ٧ ماکەر و جاشکەکەیان هێنا،
کەواکانیان خستە سەر پشتی و عیسا سواربوو.
٨ خەڵکێکی ئێجگار زۆر کەواکانیان لەسەر ڕێگاکە
ڕاخست. خەڵکی دیکە لقە داریان دەبڕییەوە و

[a] ٤ مەبەست لە پێغەمبەر زەکەریایە.
[b] ٥ زەکەریا ٩:٩

لەسەر ڕێگاکە ڕایاندەخست. ٩ ئەو خەڵکەی لەپێشی
دەڕۆیشتن و ئەوانەش کە دوای کەوتبوون، هاواریان
دەکرد:

«هۆسانا[c] بۆ کوڕی داود!»
«﴿پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە دێت!﴾[d]»
«هۆسانا بۆ خودا!»

١٠ کاتێك عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم، هەموو شارەکە
خرۆشا و گوتیان: «ئەمە کێیە؟»
١١ خەڵکەکەش دەیانگوت: «ئەمە پێغەمبەر
عیسایە، خەڵکی ناسیرەی جەلیلە.»

## پاککردنەوەی پەرستگا

١٢ عیسا چووە ناو حەوشەکانی پەرستگا و ئەوانەی
دەرکرد کە لەوێ خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون،
مێزی پارەگۆڕەوان و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا.
١٣ پێی فەرموون: «نووسراوە، ﴿ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ
ناودەبردرێت،﴾[e] بەڵام ئێوە دەیکەنە ﴿ئەشکەوتی
دزان!﴾[f]»
١٤ نابینا و شەلەکان لە پەرستگا هاتنە لای و
ئەویش چاکیکردنەوە. ١٥ بەڵام کاتێك کاهینانی باڵا و
مامۆستایانی تەورات ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان
بینی کە ئەو کردی، هەروەها منداڵانیش کە لە
حەوشەکانی پەرستگا هاواریان دەکرد: «هۆسانا بۆ
کوڕی داود!» تووڕە بوون و ١٦ لێیان پرسی: «گوێت
لێیە ئەو منداڵانە چی دەڵێن؟»
عیساش پێی فەرموون: «بەڵێ، ئەی قەت
نەتانخوێندووەتەوە:

«﴿لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە
ستایشت بۆ خۆت داڕشتووە﴾؟»[g]

[c] ٩ لە زمانی عیبری دەربڕینێکە بە واتای ڕزگارمان بکە، بووە هاواری ستایش.
[d] ٩ زەبوورەکان ٢٦:١١٨
[e] ١٣ ئیشایا ٧:٥٦
[f] ١٣ یەرمیا ١١:٧
[g] ١٦ زەبوورەکان ٢:٨

[١٧]ئەوسا بەجێی هێشتن و چووە دەرەوەی شار، بەرەو گوندی بێتعەنیا بەڕێکەوت و شەو لەوێ مایەوە.

## دار هەنجیری بێ بەر

[١٨]بەیانی کە دەگەڕایەوە شار، برسی بوو. [١٩]دار هەنجیرێکی لەسەر ڕێگاکە بینی و چووە لای، بەڵام لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، ئینجا پێی فەرموو: «ئیتر هەرگیز بەر نەگریت!» دەستبەجێ دار هەنجیرەکە وشك بوو.

[٢٠]کاتێك قوتابییەکان ئەمەیان بینی، سەرسام بوون و گوتیان: «چۆن دەستبەجێ دار هەنجیرەکە وشك بوو؟»

[٢١]عیساش وەڵامی دانەوە: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، نەك هەر ئەمەی دار هەنجیرەکە دەکەن، بەڵکو ئەگەر بەم کێوە بڵێن، "هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە،" وا دەبێت. [٢٢]جا هەرچی لە نوێژدا بە باوەڕەوە داوای بکەن، وەریدەگرن.»

## دەسەڵاتی عیسا

[٢٣]کاتێك عیسا چووە حەوشەکانی پەرستگا و خەڵکەکەی فێردەکرد، کاهینانی باڵا و پیرانی گەل هاتنە لای و گوتیان: «ئەمانە بە چ دەسەڵاتێك دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟»

[٢٤]عیسا وەڵامی دانەوە: «منیش پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئەگەر وەڵامتان دامەوە، ئەوا پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم. [٢٥]لەئاوهەڵکێشانی یەحیا، لەکوێوە بوو؟ لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟»

ئەوانیش لەنێو خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژکردن، گوتیان: «ئەگەر بڵێین "لە ئاسمانەوە بوو،" دەڵێت "باشە بۆ باوەڕتان پێی نەکرد؟" [٢٦]بەڵام ئەگەر بڵێین "لە مرۆڤەوە بوو،" لە خەڵکەکە دەترسین، چونکە هەموو یەحیا بە پێغەمبەر دادەنێن.»

[٢٧]ئینجا وەڵامی عیسایان دایەوە: «نازانین.»

ئەویش پێی فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم.»

## نموونەی دوو کوڕەکە

[٢٨]ئینجا عیسا فەرمووی: «ڕاتان چییە؟ پیاوێك دوو کوڕی هەبوو. چووە لای یەکەمیان و گوتی: "کوڕم ئەمڕۆ بڕۆ لە ڕەزەکەدا کار بکە."

[٢٩]«ئەویش وەڵامی دایەوە: "ناچم." بەڵام پاشان پەشیمان بووەوە و چوو.

[٣٠]«چووە لای دووەم و هەمان قسەی کرد. وەڵامی دایەوە: "بەسەرچاو[a]، گەورەم!" بەڵام نەچوو.

[٣١]«ئایا کام لەم دووانە بە خواستی باوکیان کرد؟» گوتیان: «یەکەمیان.» عیساش پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: باجگران و لەشفرۆشان لە چوونە ناو شانشینی خودا پێشتان دەکەون، [٣٢]چونکە یەحیا بە ڕێگای ڕاستودروستی بۆ لاتان هات و ئێوە باوەڕتان پێی نەکرد، بەڵام باجگران و لەشفرۆشان باوەڕیان پێی کرد. دواتر کە بینیشتان، هەر تۆبەتان نەکرد و باوەڕتان پێی نەکرد.»

## نموونەی ڕەزەوانەکان

[٣٣]گوێ لە نموونەیەکی دیکە بگرن: «گەورەی ماڵێك هەبوو ڕەزێکی چاند، دەوروبەرەکەی پەرژین کرد، گوشەرێکی ترێی تێدا هەڵکۆڵی و قوللەیەکی چاودێری بنیاد نا. بە ڕەزەوانانی سپارد و گەشتی کرد. [٣٤]کاتێك وەرزی بەرهەم نزیك بووەوە، خزمەتکارەکانی ناردە لای ڕەزەوانەکان تاکو بەرهەمەکەی وەربگرن.

[٣٥]«ڕەزەوانەکان کۆیلەکانیان گرت، لە یەکێکیان دا و یەکێکیان کوشت و یەکێکیشیان بەردباران کرد. [٣٦]دیسان خزمەتکاری زیاتری لەوانەی پێشوو نارد، هەمان شتیان لەوانیش کرد. [٣٧]لە کۆتاییدا کوڕەکەی بۆ لایان نارد، گوتی: "ڕێزی کوڕەکەم دەگرن."

[٣٨]«بەڵام ڕەزەوانەکان کە کوڕەکەیان بینی لەناو خۆیاندا گوتیان: "ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین،

[a] ٣٠ یۆنانی: من.

تاکو ببینە میراتگر.“ ٣٩ئینجا گرتیان و فڕێیان دایە
دەرەوەی ڕەزەکە و کوشتیان.
٤٠«کاتێک خاوەن ڕەزەکە دێت، چی لەم ڕەزەوانانە
دەکات؟»
٤١وەڵامیان دایەوە: «ئەو خراپەکارانە بە خراپی
لەناودەبات و ڕەزەکەش دەداتە دەست ڕەزەوانانی
دیکە، ئەوانەی لە وەرزی خۆی بەرهەمی دەدەنێ.»
٤٢عیسا پێی فەرموون: «قەت لە نووسراوە
پیرۆزەکان[a] نەتانخوێندووەتەوە:

«﴿ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە
بوو بە گرنگترین بەردی بناغە[b]،
ئەمە لەلایەن یەزدانەوە بوو،
لەبەرچاومان سەیرە﴾[c]؟

٤٣«لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خودا لێتان
دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەک کە بەرهەم
دەدات. ٤٤ئەوەی بەسەر ئەم بەردەدا بکەوێت
تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا
بکەوێت وردوخاشی دەکات.»
٤٥کاتێک کاهینانی باڵا و فەریسییەکان
نموونەکانیان بیست، زانییان باسی ئەوان دەکات.
٤٦لەبەر ئەوە دەیانویست بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە
ترسان، چونکە بە پێغەمبەریان دادەنا.

## نموونەی داوەتی پاشا

٢٢ عیسا دووبارە بە نموونە قسەی بۆ کردن،
فەرمووی: ٢«پاشایەتی ئاسمان لە پاشایەک
دەچێت کە زەماوەندی بۆ کوڕەکەی گێڕا. ٣کۆیلەکانی
نارد تاکو بانگهێشتکراوان بۆ زەماوەندەکە بانگ
بکەن، بەڵام نەیانویست بێن.
٤«دیسان کۆیلەی دیکەی نارد و گوتی: ”بە
بانگهێشتکراوان بڵێن، ئەوەتا شێوم[d] ئامادە کردووە،
گا و دابەستەکانیشم سەربڕیوە و هەموو شتێک
ئامادەیە. وەرنە زەماوەندەکە!“
٥«بەڵام گوێیان نەدایێ و ڕۆیشتن، یەکێک بۆ
کێڵگەکەی و ئەوی دیکە بۆ بازرگانییەکەی. ٦ئەوانی
دیکە کۆیلەکانی ئەویان گرت و سووکایەتییان پێ
کردن و کوشتیانن. ٧جا پاشا زۆر تووڕە بوو، سوپاکەی
نارد و بکوژەکانی لەناوبرد و شارەکەیانی سووتاند.
٨«ئینجا بە کۆیلەکانی گوت: ”زەماوەند ئامادەیە،
بەڵام ئەوانەی کە بانگهێشتم کردن شایستە نەبوون،
٩کەواتە بڕۆنە سەر ڕێگاکان و ئەوەی بینیتان بۆ
زەماوەندەکە بانگهێشتی بکەن.“ ١٠ئەو کۆیلانەش
چوونە سەر ڕێگاوبانەکان و هەموو ئەوانەی لە باش
و خراپ بینییان کۆیان کردنەوە، تاکو زەماوەندەکە
پڕبوو لە میوان.
١١«کاتێک پاشا هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی میوانەکان
ببینێت، لەوێ یەکێکی بینی جلی زەماوەندی[e] لەبەر
نەکردبوو. ١٢پێی دەڵێت: ”برادەر، چۆن بێ جلی
زەماوەند هاتییە ژوورەوە؟“ ئەو بێدەنگ بوو.
١٣«ئینجا پاشا بە خزمەتکارانی گوت: ”پەلبەستی
بکەن و فڕێیبدەنە تاریکی دەرەوە، جا لەوێ
دەگرییێت و جیرەی ددانەکانی دێت.“
١٤«چونکە بانگهێشتکراوان زۆرن، بەڵام
هەڵبژێردراوان کەمن.»

## سەرانەدان بە قەیسەر

١٥ئینجا فەریسییەکان ڕۆیشتن و تەگبیریان
کرد چۆن عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن.
١٦قوتابییەکانی خۆیان و هێرۆدسییەکانیان[f] ناردە لای
و گوتیان: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگای

[a] ٤٢ مەبەستی لە هەر ٣٦ پەڕتووکەکانی پەیمانی کۆنە، تەوراتی موسا و زەبووری داود و سلێمانی دانا و مێژوو و پێغەمبەرەکان.

[b] ٤٢ بەردێکی گەورەیە کە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت، لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

[c] ٤٢ زەبوورەکان ١١٨:٢٢-٢٣

[d] ٤ خوانی ئێوارە.

[e] ١١ کاتێک پاشا زەماوەند دەگێڕێت جلوبەرگی تایبەت دابەش دەکات.

[f] ١٦ پیاوانی هێرۆدسی پاشا کە لایەنگر و پیاوی ڕۆمانییەکان بوون.

خودا بە ڕاستی فێردەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت،
چونکە تەماشای ڕواڵەتی خەڵك ناکەیت. [١٧]کەواتە
پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە
قەیسەر یان نا؟»
[١٨]عیسا کە بە نیازخراپی ئەوانی دەزانی، فەرمووی:
«ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ [١٩]پارەی
سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دیناریکیان بۆ هێنا.
[٢٠]پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟»
[٢١]وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.»
پاشان پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە
قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.»
[٢٢]کە گوێیان لێبوو سەرسام بوون، ئینجا بەجێیان
هێشت و ڕۆیشتن.

## زیندووبوونەوەی مردووان

[٢٣]لە هەمان ڕۆژدا سەدوقییەکان هاتنە لای،
کە بڕوایان بە زیندووبوونەوەی دوای مردن نییە،
پرسیاریان لێکرد: [٢٤]«مامۆستا، موسا فەرمووی، ئەگەر
پیاوێکی وەجاخکوێر مرد، ئەوا براکەی براژنەکەی
دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە. [٢٥]جا
لەلای ئێمە حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی
هێنا و بە وەجاخکوێری مرد و ژنەکەی بۆ براکەی
بەجێهێشت، [٢٦]بە هەمان شێوە دووەم و سێیەم تاکو
حەوتەم. [٢٧]لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد. [٢٨]ئایا لە
هەستانەوەدا دەبێتە ژنی کام لە حەوتەکە؟ چونکە
هی هەموویان بووە.»
[٢٩]عیسا لە وەڵامدا پێی فەرموون: «ئێوە بە هەڵەدا
چوونە، چونکە نە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەزانن
و نە لە هێزی خودا. [٣٠]لە هەستانەوەدا خەڵکی نە
ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو وەك فریشتە
لە ئاسمان دەبن. [٣١]بەڵام دەربارەی هەستانەوەی
مردووان، ئایا ئەوەتان نەخوێندووەتەوە کە لە
خوداوە بە ئێوە گوتراوە و دەفەرموێ: [٣٢]﴿من خودای
ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم﴾[a]؟
خودا خودای مردووان نییە، بەڵکو هی زیندووانە.»

[a] ٣٢ دەرچوون ٦:٣

[٣٣]خەڵکەکە کە گوێیان لێی بوو، لە فێرکردنەکەی
سەرسام بوون.

## گەورەترین ڕاسپاردە

[٣٤]بەڵام فەریسییەکان بیستیان کە عیسا
سەدوقییەکانی بێدەنگ کردووە، پێکەوە کۆبوونەوە.
[٣٥]یەکێکیان تەوراتناس بوو، پرسیاری لێکرد تاکو تاقی
بکاتەوە:
[٣٦]«مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟»
[٣٧]عیسا پێی فەرموو: «﴿بە هەموو دڵ و بە هەموو
گیان و لە هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان
خۆشبوێ.﴾[b] [٣٨]ئەمە گرنگترین و یەکەم ڕاسپاردەیە.
[٣٩]دووەمیشیان وەك ئەو وایە: ﴿نزیکەکەت وەك
خۆت خۆشبوێت.﴾[c] [٤٠]جا هەموو تەورات و
پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.»

## مەسیح و داود

[٤١]کاتێك فەریسییەکان کۆببوونەوە، عیسا لێی
پرسین: [٤٢]«دەربارەی مەسیح چی دەڵێن، کوڕی
کێیە؟»
وەڵامیان دایەوە: «کوڕی داودە.»
[٤٣]ئەویش پێی فەرموون: «کەواتە، چۆن داود
بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە پێی دەڵێ "خاوەن شکۆ"؟
چونکە دەڵێ:

[٤٤]«﴿یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:
"لە دەستەڕاستم دابنیشە
هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت."﴾[d]

[٤٥]بۆیە ئەگەر داود پێی بڵێ "خاوەن شکۆ"، ئیتر
چۆن دەبێتە کوڕی؟»
[٤٦]جا کەسیان نەیانتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی
بدەنەوە، لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی
لێ بپرسن.

[b] ٣٧ دواوتار ٦:٥
[c] ٣٩ لێڤییەکان ١٩:١٨
[d] ٤٤ زەبوورەکان ١١٠:١

## هەمووتان برای یەکترین

٢٣ پاشان عیسا بە خەڵکەکە و قوتابییەکانی خۆی [٢]فەرمووی: «مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان لەسەر کورسی موسا دانیشتن. [٣]لەبەر ئەوە ڕێك هەموو ئەوانە جێبەجێ بکەن کە پێتان دەڵێن، بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان دەڵێن و نایکەن. [٤]باری قورس کە هەڵناگیرێت، دەیپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە پەنجەش بیجوڵێنن.

[٥]«هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگەکانیان[a]. [٦]حەز دەکەن لە میوانداری لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش ڕیزی پێشەوە، [٧]لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵك بە ”ڕابی[b]“ بانگیان بکەن.

[٨]«بەڵام با ئێوە بە ”ڕابی“ بانگ نەکرێن، چونکە تەنها یەك مامۆستاتان هەیە و ئێوەش هەموو بران. [٩]کەسیش لەسەر زەوی بە ”باوك“ بانگ مەکەن، چونکە یەك باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسمانە. [١٠]بە ”مامۆستا“ بانگ نەکرێن، چونکە یەك مامۆستاتان هەیە، ئەویش مەسیحە. [١١]ئەوەی لەنێوتان پایەبەرزترە، دەبێتە خزمەتکارتان. [١٢]ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.

## دووڕوویی فەریسییەکان

[١٣]«بەڵام قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە شانشینی ئاسمان لەڕووی خەڵك دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی کە دەیانەوێ، بچنە ژوورەوە.

[١٤]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! ماڵی بێوەژن[c] هەڵدەلووشن، بۆ دەرخستنیش نوێژ درێژ دەکەنەوە، لەبەر ئەوە سزاتان گەورەترە.

[١٥]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! دەریا و وشکانی دەگەڕێن تاکو یەکێك بکەنە جولەکە، کە بوو، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە کوڕی دۆزەخ.

[١٦]«قوڕبەسەرتان ئەی ڕابەرە کوێرەکان! دەڵێن: ”ئەوەی سوێند بە پەرستگا بخوات، هیچ نییە. بەڵام ئەوەی سوێند بە زێڕی پەرستگا بخوات، ئەوا پابەندە.“ [١٧]ئەی گێل و کوێرینە، کامیان گرنگترە، زێڕەکە یان پەرستگا کە زێڕەکە پیرۆز دەکات؟ [١٨]هەروەها ”ئەوەی سوێند بە قوربانگا بخوات، هیچ نییە، بەڵام ئەوەی سوێند بە قوربانییەکەی سەری بخوات، ئەوا پابەندە.“ [١٩]ئەی کوێرینە کامیان گرنگترە، قوربانی یان قوربانگا کە قوربانییەکە پیرۆز دەکات؟ [٢٠]بۆیە ئەوەی سوێند بە قوربانگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە هەموو ئەوەش کە لەسەریەتی. [٢١]ئەوەی سوێند بە پەرستگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە ئەوەش کە تێیدا نیشتەجێیە. [٢٢]ئەوەی سوێند بە ئاسمان دەخوات، ئەوا سوێند بە تەختی خودا دەخوات و بەوەش کە لەسەری دانیشتووە.

[٢٣]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەیەکی پونگ و شویت[d] و ڕازیانە دەدەن و گرنگترینی تەوراتتان پشتگوێ خستووە. دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزی، پێویست بوو ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن. [٢٤]ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە لەبەر مێشوولە شلەمەنی دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!

[٢٥]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاك دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چڵێسی و بەڕەڵایی. [٢٦]ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاك بکەرەوە، تاکو دەرەوەشی پاك بێتەوە.

[٢٧]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی

[a] ٥ بڕوانە پەڕتووکی سەرژمێری ١٥:٣٧-٤٠.

[b] ٧ ڕابی: وشەیەکی عیبرییە بە واتای مامۆستا دێت.

[c] ١٤ لە کتێبی پیرۆزدا بێوەژن مەبەست لەو ئافرەتانەیە کە مێردیان مردووە.

[d] ٢٣ شبیت.

سپیکراو دەچن، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام
ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەک.
[28]ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵک ڕاستودروستن،
بەڵام ناوەوەتان پڕە لە دووڕوویی و سەرپێچی.
[29]«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و
فەریسییەکان! دووڕووان! ئێوە گۆڕی پێغەمبەران
هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە و
[30]دەڵێن: ”ئەگەر لە سەردەمی باوباپیراندا بژیاینایە،
لە خوێنی پێغەمبەران بەشداریان نەدەبووین.“
[31]کەواتە شایەتی لەسەر خۆتان دەدەن کە کوڕی
پێغەمبەرکوژانن. [32]جا ئێوە پێوانەی باوباپیرانتان پڕ
بکەن!
[33]«ئەی مارینە! ئەی بێچووە ماران! چۆن لە سزای
دۆزەخ هەڵدێن؟ [34]لەبەر ئەمەیە ئەوەتا پێغەمبەر
و دانا و مامۆستایانی تەوراتتان بۆ دەنێرم. لێیان
دەکوژن و لە خاچیان دەدەن، لە کەنیشتەکانتان بەر
قامچییان دەدەن و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە
ڕاوییان دەنێن. [35]لەبەر ئەوە هەموو خوێنێکی پاک
کە لەسەر ئەم زەوییەدا ڕژاوە دەکەوێتە ئەستۆتان،
لە خوێنی هابیلی ڕاستودروستەوە تاکو خوێنی
زەکەریای کوڕی بەرەخیا کە لەنێوان قوربانگا و
پەرستگادا کوشتتان. [36]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئۆباڵی
هەموو ئەمانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم نەوەیە.»

## خەمباری عیسا سەبارەت بە ئۆرشەلیم

[37]«ئەی ئۆرشەلیم، ئەی ئۆرشەلیم، بکوژی
پێغەمبەران و بەردبارانکاری ئەوانەی بۆت نێردران،
چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، هەروەک
چۆن مریشک جوجەڵەکانی لەژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە،
بەڵام نەتانویست. [38]ئەوەتا ماڵەکەتان بە وێرانی بۆ
بەجێدەهێڵدرێ! [39]پێتان دەڵێم، ئیتر نامبیننەوە،
هەتا ئەوەی دەڵێن: ﴿پیرۆزە ئەوەی بە ناوی
یەزدانەوە دێت.﴾[a]»

## پێشبینی وێرانبوونی پەرستگا

٢٤ عیسا لە پەرستگا هاتە دەرەوە، هێشتا لە
ڕێگا بوو کاتێک قوتابییەکانی لێی هاتنە
پێشەوە تاکو سەرنجی بۆ تەلارەکانی پەرستگا
ڕابکێشن. [2]وەڵامی دایەوە: «هەموو ئەمانە دەبینن؟
ڕاستیتان پێ دەڵێم: لێرە بەردی بەسەر بەردیەوە
نامێنێت کە نەڕووخێت.»

## نیشانەکانی کۆتایی سەردەم

[3]کاتێک لەسەر کێوی زەیتوون دانیشتبوو،
قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای و گوتیان: «پێمان
بفەرموو کەی ئەمە ڕوودەدات؟ نیشانەی هاتنەوەت
و کۆتایی زەمان چییە؟»
[4]عیسا وەڵامی دایەوە: «ئاگاداربن، کەس
چەواشەتان نەکات، [5]چونکە زۆر کەس بە ناوی
منەوە دێن و دەڵێن ”من مەسیحم،“ زۆر کەس
چەواشە دەکەن. [6]جەنگ و هەواڵی جەنگیش
دەبیستن، وریابن مەتۆقن، چونکە دەبێت ئەمە
ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. [7]نەتەوە لە
نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین،
قاتوقڕی و بوومەلەرزەش لە شوێنی جیاجیا دەبێت.
[8]بەڵام ئەمانە هەمووی سەرەتای ژانەکانن.
[9]«ئینجا بۆ چەوسانەوە بە گرتنتان دەدەن و
دەتانکوژن، هەموو نەتەوەکان لەبەر ناوی من ڕقیان
لێتان دەبێتەوە. [10]ئەو کاتە زۆر کەس لەڕێ لادەدەن
و یەکتری بە گرتن دەدەن و ڕقیان لە یەکتری
دەبێتەوە. [11]زۆر پێغەمبەری درۆزن دەردەکەون، زۆر
کەس چەواشە دەکەن. [12]لەبەر زۆربوونی سەرپێچی،
خۆشەویستی زۆر کەس سارد دەبێتەوە. [13]بەڵام
ئەوەی تاکو کۆتایی دانبەخۆیدا بگرێت، ڕزگاری
دەبێت. [14]ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو
جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک شایەتییەک بۆ هەموو
نەتەوەکان، ئینجا کۆتاییەکە دێت.

[a] ٣٩ زەبوورەکان ١١٨:٢٦

## گەورەترین تەنگانە

[١٥]«لەبەر ئەوە کاتێك دەبینن ﴿قێزەونی وێرانکەر﴾[a]
لە شوێنی پیرۆزدا ڕاوەستاوە، ئەوەی پێغەمبەر دانیال
باسی کردووە، با خوێنەر تێبگات، [١٦]ئینجا با ئەوانەی
لە یەهودیان ڕاکەنە چیاکان، [١٧]ئەوەی لە سەربانە
با نەیەتە خوارەوە تاکو شتەکانی لە ماڵەوە ببات.
[١٨]هەروەها ئەوەی لە کێڵگەیە با نەگەڕێتەوە تاکو
جلەکەی ببات. [١٩]لەو ڕۆژانەدا قوڕبەسەر دووگیان و
شیردەران! [٢٠]نوێژ بکەن با هەڵاتنتان لە زستان یان لە
شەممەدا نەبێت، [٢١]چونکە لەو کاتەدا تەنگانەیەکی وا
گەورە ڕوودەدات، لە سەرەتای جیهانەوە هەتا ئێستا
ئاوا نەبووە و نابێت.

[٢٢]«ئەگەر ئەو ڕۆژانە کورت نەکرابوونایەوە،
کەس ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی ئەوانەی
هەڵبژێردراون، ئەو ڕۆژانە کورت دەکرێنەوە.
[٢٣]ئەگەر ئەو کاتە یەکێك پێی گوتن: "ئەوەتا مەسیح
لێرەیە!" یان: "ئەوەتا لەوێیە!" باوەڕ مەکەن،
[٢٤]چونکە مەسیحە درۆزنەکان[b] و پێغەمبەرانی
درۆزن دەردەکەون، نیشانەی گەورە و پەرجوو
دەکەن، بە شێوەیەك ئەگەر بکرێ تەنانەت ئەوانەی
هەڵبژێردراون چەواشە دەکەن. [٢٥]ئەوەتا پێشوەخت
پێم گوتن.

[٢٦]«لەبەر ئەوە ئەگەر پێیان گوتن: "ئەوەتا لە
چۆڵەوانییە!" مەڕۆن، "ئەوەتا لە ژوورەکانی ناوەوەیە!"
باوەڕ مەکەن، [٢٧]چونکە وەك چۆن هەورەتریشقە دێت
و ڕووناکی دەدات لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوا،
هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. [٢٨]کەلاك لەکوێ
بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە.

## هاتنەوەی عیسا

[٢٩]«دەستبەجێ دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە،

«﴿خۆر تاریك دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات،
ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون،
تەنی ئاسمانی دەهەژێن.﴾[c]

[٣٠]«لەو کاتە نیشانەی کوڕی مرۆڤ لە ئاسماندا
دەردەکەوێت، ئەوسا هەموو نەتەوەکانی زەوی
شیوەن دەگێڕن، کوڕی مرۆڤ دەبینن بەسەر
هەوری ئاسماندا بە هێز و شکۆیەکی گەورەوە
دێت.[d] [٣١]فریشتەکانی بە کەڕەنایەکی دەنگ
بەرزەوە دەنێرێت، لە ئاراستەی هەر چوار بایەکە
ئەوانە کۆدەکەنەوە کە هەڵبژێردراون، لەم سەری
ئاسمانەوە تاکو ئەوسەری.

## لە دار هەنجیرەوە پەند وەرگرن

[٣٢]«لە دار هەنجیرەوە پەند وەرگرن: کاتێك
لقەکانی نەرم بوون و گەڵایان کرد، دەزانن هاوین
نزیکە. [٣٣]بە هەمان شێوە، ئێوەش کە هەموو ئەم
شتانەتان بینی، بزانن نزیکە و لە بەردەرگایە.
[٣٤]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەرناچێت،
هەتا هەموو ئەمانە نەیەنە دی. [٣٥]ئاسمان و زەوی
بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.

## کەس ئەو کاتە نازانێت

[٣٦]«سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت،
نە فریشتەکانی ئاسمان و نە کوڕەکە، تەنها باوك
نەبێت. [٣٧]ڕۆژانی نوح چۆن بوو، هاتنەوەی کوڕی
مرۆڤیش ئاوا دەبێت. [٣٨]وەك چۆن لە ڕۆژانی پێش
لافاوەکە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا
و مێردیان دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی نوح چووە ناو
کەشتییەکە، [٣٩]کەس نەیدەزانی چی ڕوودەدات،
هەتا لافاوەکە هات و هەمووی برد. هاتنەوەی
کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. [٤٠]لەو کاتەدا دوو پیاو
لە کێڵگە دەبن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە
بەجێدەهێڵدرێت. [٤١]دوو ئافرەت دەستاڕ دەگێڕن،
یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت.
[٤٢]«لەبەر ئەوە ئێشك بگرن، چونکە نازانن لە چ

---

[a] ١٥ دانیال ٢٧:٩؛ ٣١:١١؛ ١١:١٢

[b] ٢٤ کەسانێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەسیحن.

[c] ٢٩ ئیشایا ١٣:١٠؛ ٤:٣٤

[d] ٣٠ دانیال ١٣:٧

ڕۆژێکدا گەورەتان مەسیح دێتەوە. [٤٣]بەڵام ئەوەش بزانن: ئەگەر گەورەی ماڵ بزانێت لە چ کاتێکدا دز دێتە سەری، ئێشك دەگرێت و نایەڵێت ماڵەکەی ببڕدرێت. [٤٤]کەواتە ئێوەش ئامادە بن، چونکە کوڕی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە.

## نموونەی کۆیلەی دڵسۆز

[٤٥]«کەواتە ئەو کۆیلە دڵسۆز و ژیرە کێیە کە گەورەکەی کردوویەتی بە لێپرسراوی خزمەتکارانی دیکە تاکو لە کاتی خۆیدا خواردنیان بداتێ؟ [٤٦]خۆزگە دەخوازرێت بەو کۆیلەیە کاتێك گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئاوا دەکات. [٤٧]ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیەوە دایدەنێت. [٤٨]بەڵام ئەگەر ئەو کۆیلەیە خراپ بێت و لە دڵی خۆیدا بڵێ: ”گەورەکەم دوادەکەوێت،“ [٤٩]ئینجا دەست بکات بە لێدانی کۆیلە هاوکارەکانی و لەگەڵ سەرخۆشان بخوات و بخواتەوە. [٥٠]ئەوسا گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا دێتەوە کە چاوەڕێی ناکات و لە کاتژمێرێك کە نایزانێت. [٥١]ئینجا پارچەپارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ دووڕوواندا دادەنێت، جا لەوێ دەگرییێت و جیڕەی ددانەکانی دێت.

## نموونەی کچە داناکان و کچە گێلەکان

٢٥ «لەم کاتەدا شانشینی ئاسمان وەکو دە پاکیزە دەبێ، کە چرایان هەڵگرتبێت و بەرەوپیری زاوا بچن. [٢]پێنج لەوان گێل بوون، پێنجیش دانا. [٣]گێلەکان چراکانیان برد و زەیتیان[a] لەگەڵ خۆیان نەبرد. [٤]بەڵام داناکان لەگەڵ چراکانیان زەیتیان لەناو گۆزەدا برد. [٥]کاتێك زاوا دواکەوت، هەموو خەویان هات و نوستن.

[٦]«لە نیوەشەودا هاوار کرا: ”ئەوە زاوا دەرکەوت، بەرەو پیری بچن!“

[٧]«هەموو ئەو پاکیزانەش هەستان و چراکانیان ئامادە کرد. [٨]گێلەکان بە داناکانیان گوت: ”لە زەیتەکەی خۆتان بەشمان بدەن، چونکە چراکانمان دەکوژێتەوە!“

[٩]«بەڵام داناکان وەڵامیان دانەوە: ”لەوانەیە بەشی ئێمە و ئێوە نەکات. چاکترە بچنە لای فرۆشیاران و بۆ خۆتان بکڕن.“

[١٠]«کە ئەوان بۆ کڕین چوون، زاوا هات، ئەوانەی بۆ زەماوەندەکە ئامادەبوون، لەگەڵی چوونە ژوورەوە و دەرگا داخرا.

[١١]«پاشان پاکیزەکانی دیکەش هاتن و گوتیان: ”گەورەم، گەورەم! دەرگامان لێ بکەرەوە!“

[١٢]«وەڵامی دایەوە: ”ڕاستیتان پێ دەڵێم، من ناتانناسم.“

[١٣]«کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن.

## نموونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ

[١٤]«دیسان، شانشینی ئاسمان وەك پیاوێکە گەشت بکات، کۆیلەکانی بانگ دەکات و موڵکەکەی خۆی دەداتە دەستیان. [١٥]پێنج کیسە زێڕی[b] دایە یەکێکیان و ئەوی دیکە دوو کیسە و سێیەمیش یەك کیسە، هەریەکە بەگوێرەی توانای خۆی، یەکسەریش چووە گەشت. [١٦]ئەوەی پێنج کیسە زێڕەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و ئیشی پێوە کرد، پێنجی دیکەشی بەدەستهێنا. [١٧]بە هەمان شێوە ئەوەی دوو کیسە زێڕەکەش، دووی دیکەی بەدەستهێنا. [١٨]بەڵام ئەوەی یەك کیسە زێڕەکەی وەرگرت، ڕۆیشت و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند و زێڕی گەورەکەی شاردەوە.

[١٩]«دوای ماوەیەکی زۆر گەورەی ئەو کۆیلانە دێت و حیسابیان لەگەڵ دەکات. [٢٠]ئەوەی پێنج کیسە زێڕەکەی وەرگرت، دێت و پێنج کیسەی دیکەش دەهێنێت و دەڵێت: ”گەورەم تۆ پێنج کیسە زێڕت دامێ، ئەوەتا پێنج کیسە زێڕی دیکەم بەدەستهێناوە.“

[٢١]«گەورەکەی پێی گوت: ”ئافەرین، ئەی کۆیلەی

[a] ٣ لەو سەردەمەدا چرا بە زەیتی زەیتوون ئیشی دەکرد.

[b] ١٥ کیسە زێڕ: یۆنانی: تالنت، هەر تالنتێك نزیکەی ٣٤ کگم بووە؛ یەك تالنت زێڕ دەکاتە کرێی ١٥ ساڵی کرێکارێك.

چاك و دەستپاك! لە كەم دەستپاك بوويت، زۆرت پێ
دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەكەت.“
٢٢«هەروەها ئەوەی دوو كیسە زێڕەكە هات و
گوتی: ”گەورەم تۆ دوو كیسە زێڕت دامێ، ئەوەتا
دوو كیسە زێڕی دیكەم بەدەستهێناوە.“
٢٣«گەورەكەی پێی گوت: ”ئافەرین، ئەی كۆیلەی
چاك و دەستپاك! لە كەم دەستپاك بوويت، زۆرت پێ
دەسپێرم. وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەكەت.“
٢٤«ئینجا ئەوەی یەك كیسە زێڕەكەی وەرگرتبوو
هات و گوتی: ”گەورەم، زانیم تۆ پیاوێكی سەختیت،
شوێنێك دەدرویتەوە كە تۆوت نەكردووە، لە شوێنێك
كۆدەكەیتەوە كە شەنەبات نەكردووە، ٢٥جا ترسام
و چووم كیسە زێڕەكەتم لەناو زەویدا شاردەوە. ها
ئەوە ماڵەكەتە.“
٢٦«گەورەكەی وەڵامی دایەوە: ”ئەی كۆیلەی
خراپ و تەوەزەل! كە زانیت من دروێنە لەو شوێنە
دەكەم كە تۆوم نەكردووە، لەوە كۆدەكەمەوە كە
نەموەشاندووە، ٢٧دەبووایە زێڕەكەمت لە بانك
دابنابووایە، لە گەڕانەوەمدا ئەوەی هی منە لەگەڵ
سوودەكەی وەرمدەگرتەوە.
٢٨«”لەبەر ئەوە ئەو كیسە زێڕەی لێ بسەننەوە و
بیدەنە ئەوەی دە كیسە زێڕەكەی پێیە، ٢٩چونكە ئەوەی
هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی
نییەتی تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە.
٣٠كۆیلە بێ سوودەكەش فڕێبدەنە تاریكی دەرەوە، جا
لەوێ دەگرییێت و جیڕەی ددانەكانی دێت.“

## عیسا حوكم بەسەر جیهان دەدات

٣١«كاتێك كوڕی مرۆڤ بە شكۆی خۆی دێتەوە
و هەموو فریشتەكانیش لەگەڵیدان، ئەوسا لەسەر
تەختی شكۆی خۆی دادەنیشێت. ٣٢هەموو
نەتەوەكان لەبەردەمی كۆدەبنەوە و ئەویش لە
یەكتریان جیا دەكاتەوە، وەك شوان مەڕ لە بزن
جیا دەكاتەوە. ٣٣جا مەڕەكان لەلای ڕاستی خۆی
ڕادەگرێت، بەڵام بزنەكان لەلای چەپ.
٣٤«ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەفەرموێ:
”وەرن ئەی ئەوانەی باوكم بەرەكەتی پێدان، ببنە
میراتگری ئەو شانشینە كە لە دامەزراندنی جیهانەوە
بۆتان ئامادە كراوە، ٣٥چونكە برسی بووم و نانتان
دام، تینوو بووم ئاوتان دامێ، نامۆ بووم شوێنتان
كردمەوە. ٣٦ڕووت بووم جلتان لەبەركردم، نەخۆش
بووم سەرتان لێدام، زیندانی بووم هاتنە لام.“
٣٧«ئەوسا ڕاستودروستان وەڵام دەدەنەوە:
”گەورەم، كەی تۆمان بە برسێتی بینیوە و نانمان
داویتێ، یان تینوو و ئاومان داویتێ؟ ٣٨كەی تۆمان بە
نامۆیی بینیوە و شوێنمان كردوویتەوە، یان بە ڕووتی
و جلمان لەبەركردوویت؟ ٣٩كەی تۆمان بە نەخۆشی
یان زیندانی بینیوە و هاتووین بۆ لات؟“
٤٠«ئینجا پاشا وەڵامیان دەداتەوە: ”ڕاستیتان پێ
دەڵێم، هەرچییەكتان بۆ یەكێك لەم برا بچووكانەم
كردووە، بۆ منتان كردووە.“
٤١«دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەفەرموێ:
”لێم دوور بكەونەوە! ئەی ئەوانەی كە نەفرەتتان
لێكراوە بەرەو ئاگری هەتاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس
و فریشتەكانی ئامادە كراوە، ٤٢چونكە برسی بووم
نانتان نەدامێ، تینوو بووم ئاوتان نەدامێ، ٤٣نامۆ
بووم شوێنتان نەكردمەوە، ڕووت بووم جلتان لەبەر
نەكردم، نەخۆش و زیندانی بووم سەرتان لێ نەدام.“
٤٤«ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە: ”گەورەم، كەی تۆمان
بە برسێتی یان تینوو یان نامۆ یان ڕووت یان نەخۆش
یان زیندانی بینیوە و خزمەتمان نەكردوویت؟“
٤٥«ئەویش وەڵامیان دەداتەوە: ”ڕاستیتان پێ
دەڵێم: هەرچییەكتان بۆ یەكێك لەم بچووكانە
نەكردووە، بۆ منتان نەكردووە.“
٤٦«ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەچن، بەڵام
ڕاستودروستان بۆ ژیانی هەتاهەتایی.»

## پیلانگێڕی بۆ كوشتنی عیسا

٢٦ كاتێك عیسا ئەم وتانەی هەموو تەواو كرد،
بە قوتابییەكانی خۆی فەرموو: ٢«دەزانن

جەژنی پەسخە[a] دوو ڕۆژی ماوە. کوڕی مرۆڤیش بە
گرتن دەدرێت تاکو لە خاچ بدرێت.»
٣ ئینجا کاهینانی باڵا و پیرانی گەل لە کۆشکی
سەرۆکی کاهینان کە ناوی قەیافا بوو کۆبوونەوە،
٤ پێکەوە تەگبیریان دەکرد، بە فێڵێك عیسا بگرن و
بیکوژن. ٥ گوتیان: «بەڵام نەك لە جەژندا، نەوەك
ئاژاوە بکەوێتە ناو خەڵك.»

## ئامادەکردنی عیسا بۆ ناشتنی

٦ کاتێك عیسا لە گوندی بێتعەنیا لە ماڵی شیمۆنە
گول بوو، ٧ ژنێك بە بوتڵێکی ئەلەباستەریی[b] بۆنی
گرانبەهاوە بۆ لای هات و بۆنەکەی بەسەریدا ڕژاند
کە لەسەر خوان بوو.
٨ کاتێك قوتابییەکان ئەمەیان بینی، تووڕە بوون و
گوتیان: «ئەم دەست بڵاوییەی بۆ چییە؟ ٩ دەتوانرا ئەو
بۆنە بە نرخێکی گران بفرۆشرایە و بدرایە بە هەژاران.»
١٠ عیسا زانی و پێی فەرموون: «بۆچی گرفت بۆ
ژنەکە دەنێنەوە؟ شتێکی چاکی بۆ من کرد. ١١ هەژاران
هەمیشە لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.
١٢ کاتێك ئەو ئەم بۆنەی بەسەر لەشمدا ڕژاند، بۆ
ئامادەکردنم بۆ ناشتن ئەمەی کرد. ١٣ ڕاستیتان پێ
دەڵێم: لە هەر شوێنێکی لە جیهاندا ئەم مزگێنییە
ڕابگەیەنرێت، وەك یادکردنەوەیەك باسی ئەوەش
دەکرێت کە ئەم ژنە کردوویەتی.»

## ناپاکی یەهوزا

١٤ ئینجا یەکێك لە دوازدە قوتابییەکە کە ناوی
یەهوزای ئەسخەریوتی بوو، چوو بۆ لای کاهینانی
باڵا، ١٥ گوتی: «چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟»
ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا. ١٦ ئیتر بۆ
هەلێك دەگەڕا تاکو بە گرتنی بدات.

## بەستنی پەیمانی نوێ

١٧ ڕۆژێك پێش دەستپێکردنی جەژنی فەتیرە[c]،
قوتابییەکان هاتنە لای عیسا و گوتیان: «دەتەوێ بچینە
کوێ و ئامادەکاری بکەین، تاکو نانی پەسخە بخۆیت؟»
١٨ فەرمووی: «بڕۆنە ناو شار، بۆ لای فڵانە کەس،
پێی بڵێن: ”مامۆستا دەفەرموێ، کاتم نزیك بووەتەوە،
لەگەڵ قوتابییەکانم لەلای تۆ نانی پەسخە دەخۆم.“»
١٩ قوتابییەکانیش فەرمانی عیسایان جێبەجێ کرد و
نانی پەسخەیان ئامادە کرد.
٢٠ کە ئێوارە داهات، عیسا لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە
پاڵی دایەوە. ٢١ کاتێك نانیان دەخوارد، فەرمووی:
«ڕاستیتان پێ دەڵێم: یەکێکتان بە گرتنم دەدات.»
٢٢ ئەوانیش زۆر خەمبار بوون، هەریەکە پێیان
گوت: «گەورەم، ئەو کەسە منم؟»
٢٣ وەڵامی دایەوە: «ئەوەی لەگەڵم دەست
دەخاتە ناو قاپەکە، ئەو بە گرتنم دەدات. ٢٤ کوڕی
مرۆڤ دەبێت وەکو لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام
قوڕبەسەر ئەوەی کوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدات!
باشتر بوو بۆ ئەو کەسە هەر لەدایك نەبووایە.»
٢٥ ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دەدات، وەڵامی
دایەوە: «ڕابی، ئەو کەسە منم؟» پێی فەرموو: «خۆت
گوتت.»

## شێوی مەسیح

٢٦ کە نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت،
سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە قوتابییەکان
و فەرمووی: «وەرگرن، بخۆن، ئەمە جەستەی منە.»
٢٧ ئینجا جامەکەی هەڵگرت و سوپاسی خودای
کرد، پێیدان و فەرمووی: «هەمووی لێی بخۆنەوە،
٢٨ چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە
لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناە بەخشین دەڕژێت.
٢٩ پێتان دەڵێم: لەمەودوا ئیتر لەم بەرهەمەی مێو
ناخۆمەوە، هەتا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە
شانشینی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە.»

---

[a] ٢ جەژنێکی جولەکەیە، یادی ڕزگاربوونی گەلی ئیسرائیلە لە میسر لە نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ پ. ز. بە ڕابەرایەتی موسا. بڕوانە دەرچوون ١:١٢-٥٠.

[b] ٧ لە بەردی ئەلەباستەر دروستکرابوو، ئەم جۆرە بەردە لە میسر هەیە بۆ تاشین ئاسانە و ڕەنگەکەی قاوەییە.

[c] ١٧ ناوێکی دیکەیە بۆ جەژنی پەسخە، بە یادی ڕۆژانی ئاوارەیی لە میسر نانی فەتیرەیان خواردووە.

٣٠ئینجا گۆرانی ڕۆحییان[a] گوت و چوون بۆ
دەرەوەی شار بۆ کێوی زەیتوون.

## نکۆڵیکردنی پەترۆس

٣١ئینجا عیسا پێی فەرموون: «ئەمشەو بەهۆی
ئەوەی بەسەرم دێت هەمووتان پشتم تێ دەکەن،
چونکە نووسراوە:

«﴿لە شوانەکە دەدەم،
مەڕی مێگەلەکە پەرت دەبن.﴾[b]

٣٢بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ
جەلیل.»
٣٣پەترۆس وەڵامی دایەوە: «ئەگەر لەوەی
بەسەرت بێت هەموو پشتت لێ بکەن، من قەت
پشتت لێ ناکەم.»
٣٤عیسا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم: پێش
خوێندنی کەڵەشێر، سێ جار نکۆڵی لە ناسینی من
دەکەیت.»
٣٥پەترۆسیش پێی گوت: «تەنانەت ئەگەر پێویست
بکات لەگەڵیشت بمرم، هەرگیز نکۆڵیت لێ ناکەم.»
قوتابییەکانیش هەموو وایان گوت.

## نوێژی عیسا لە باخی گەتسیمانی

٣٦دوای ئەوە عیسا لەگەڵیان بۆ شوێنێك چوو پێی
دەگوترا، گەتسیمانی، بە قوتابییەکانی فەرموو: «لێرە
دانیشن، تاکو دەچمە ئەوێ نوێژ دەکەم.» ٣٧پەترۆس
و دوو کوڕەکەی زەبدی برد و پەژارە و دڵتەنگی
دایدەگرت. ٣٨پێی فەرموون: «زۆر دڵتەنگم خەریکە
بمرم، لێرە بمێننەوە و شەوارەم لەگەڵ بگرن.»
٣٩کەمێك چووە پێش و بە ڕوودا چووە سەر زەوی،
نوێژی دەکرد و دەیفەرموو: «باوکە، ئەگەر دەکرێت
ئەم جامەم لەسەر تێبپەڕێت. بەڵام نەك وەك من
دەمەوێت، بەڵکو تۆ.»
٤٠هاتەوە لای قوتابییەکان، بینی نوستوون، بە
پەترۆسی فەرموو: «ئەرێ نەتانتوانی کاتژمێرێك
شەوارەم لەگەڵ بگرن؟ ٤١شەوارە بگرن و نوێژ بکەن،
نەوەك تاقی بکرێنەوە. ڕۆح چالاکە، بەڵام جەستە
لاوازە.»
٤٢دیسان چووەوە نوێژی کرد: «باوکە! ئەگەر
ناکرێت ئەمە لەسەرم تێبپەڕێت و هەر دەبێت
بیخۆمەوە، با خواستی تۆ بێت.»
٤٣دیسان هاتەوە و بینی نوستوون، چونکە چاویان
قورس ببوو. ٤٤ئیتر وازی لێ هێنان و چوو بۆ جاری
سێیەم نوێژی دەکرد و هەمان شتی دەگوتەوە.
٤٥دوایی هاتە لای قوتابییەکان و پێی فەرموون:
«هێشتا نوستوون و پشوو دەدەن؟ ئەوەتا کات
نزیك بووەتەوە و کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست
گوناهباران. ٤٦هەستن با بڕۆین! ئەوەتا ئەوەی بە
گرتنم دەدات نزیك بووەوە.»

## گرتنی عیسا

٤٧هێشتا ئەو قسەی دەکرد، ئەوە بوو یەهوزا هات
کە یەکێك بوو لە دوازدە قوتابییەکە، کۆمەڵێکی زۆری
لەگەڵ بوو بە شمشێر و دارەوە لەلایەن کاهینانی
باڵا و پیرانی گەلەوە نێردرابوون. ٤٨ئەوەی بە گرتنی
دەدا نیشانەیەکی پێدابوون، گوتبووی: «ئەوەی ماچی
دەکەم ئەوە خۆیەتی، بیگرن.» ٤٩دەستبەجێ هاتە لای
عیسا و گوتی: «سڵاو ڕابی[c].» ئینجا ماچی کرد.
٥٠عیساش پێی فەرموو: «هاوڕێ، ئەوەی بۆی
هاتووی بیکە.» ئینجا هاتنە پێشەوە و عیسایان
دەستبەسەر کرد و گرتییان. ٥١لەناکاو یەکێك لەوانەی
لەگەڵ عیسادان، دەستی درێژکرد و شمشێرەکەی
هەڵکێشا، لە خزمەتکاری سەرۆکی کاهینانی دا و
گوێی بڕی.
٥٢عیسا پێی فەرموو: «شمشێرەکەت بگەڕێنەوە
شوێنی خۆی، چونکە هەموو ئەوانەی شمشێر
هەڵدەگرن، بە شمشێر دەمرن. ٥٣ئایا وا دەزانیت ناتوانم
بانگی باوکم بکەم و زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشتەم

---

[a] ٣٠ خوێندنەوەی زەبوور لە شێوەی گۆرانی.
[b] ٣١ زەکەریا ٧:١٣
[c] ٤٩ ڕابی: وشەیەکی عیبرییە بە واتای مامۆستا دێت.

بۆ بنێرێت؟ ٥٤ بەڵام ئیتر چۆن نووسراوە پیرۆزەکان دێنە
دی، کە دەڵێن بەو شێوەیە پێویستە ڕووبدات؟»
٥٥لەو کاتەدا عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو: «وەك
بۆ گرتنی یاخیبوویێك بە کوتەك و شمشێرەوە هاتوون
بمگرن؟ ڕۆژانە لە حەوشەکانی پەرستگا دانیشتبووم
خەریکی فێرکردن بووم، نەتانگرتم. ٥٦ بەڵام ئەمانە
هەمووی ڕوویدا بۆ هاتنەدی نووسراوە پیرۆزەکانی
پێغەمبەران.» ئینجا هەموو قوتابییەکان بەجێیان
هێشت و ڕایانکرد.

## دادگاییکردنی عیسا

٥٧ئەوانەی عیسایان گرت، بردییانە لای قەیافای
سەرۆك کاهین، لەوێ مامۆستایانی تەورات و پیران
کۆببوونەوە. ٥٨ پەترۆسیش دووربەدوور بۆ حەوشەی
سەرۆکی کاهینان دوای کەوت، ئینجا چووە ژوورەوە
و لەنێو خزمەتکاران دانیشت تاکو دەرئەنجامەکەی
ببینێت.
٥٩کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدرین[a] بەدوای
شایەتییەکی درۆدا دەگەڕان لەسەر عیسا، تاکو بە
کوشتنی بدەن. ٦٠ بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، هەرچەندە
زۆر شایەتی درۆزن هاتن. لە کۆتاییدا دووان هاتن،
٦١گوتیان: «ئا ئەمە گوتی: ”دەتوانم پەرستگای خودا
بڕووخێنم و بە سێ ڕۆژ بنیادی بنێمەوە.“»
٦٢جا سەرۆکی کاهینان هەستا و پێی گوت: «هیچ
وەڵام نادەیتەوە؟ ئەم پیاوانە شایەتی چی لەسەر تۆ
دەدەن؟» ٦٣ بەڵام عیسا بێدەنگ بوو.
سەرۆکی کاهینانیش پێی گوت: «سوێندت
دەدەم بە خودای زیندوو، پێمان بڵێ، ئەگەر تۆ
مەسیحەکەی[b]، کوڕی خودا.»
٦٤عیسا پێی فەرموو: «تۆ خۆت وا دەڵێیت. منیش
پێتان دەڵێم، لە ئێستاوە کوڕی مرۆڤ دەبینن لە
دەستە ڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەسەر هەوری
ئاسماندا دێتەوە.[c]»
٦٥ئینجا سەرۆکی کاهینان جلەکانی خۆی دادڕی
و گوتی: «کفری کرد! ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت
هەیە؟ ئەوەتا گوێتان لە کفرەکە بوو. ٦٦ چی دەبینن؟»
وەڵامیان دایەوە: «شایانی مردنە!»
٦٧ئینجا تفیان لەڕووی کرد و مستیان لێدا،
هەندێکیش زللەیان لێدا و ٦٨ گوتیان: «ئەی مەسیح،
ئەگەر پێغەمبەریت، بزانە کێ بوو لێیدایت؟»

## پەترۆس نکۆڵی لە عیسا دەکات

٦٩لەو کاتەدا پەترۆس لە حەوشە، لە دەرەوە
دانیشتبوو. کەنیزەیەك هاتە لای و گوتی: «تۆش
لەگەڵ عیسای جەلیلی بوویت.»
٧٠ئەویش لەبەردەم هەموویان نکۆڵیی کرد:
«نازانم چی دەڵێی.»
٧١ئینجا چووە دەرەوە بۆ ناو داڵانەکە، یەکێکی
دیکەش بینی و بەوانەی ئەوێی گوت: «ئەمە لەگەڵ
عیسای ناسیرەیی بوو.»
٧٢دیسان بە سوێندخواردنەوە نکۆڵی لێکرد: «ئەو
پیاوە ناناسم!»
٧٣دوای کەمێك ئەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون هاتن
و بە پەترۆسیان گوت: «بەڕاستی تۆش لەوانیت،
زمانت ئاشکرات دەکات[d].»
٧٤جا دەستی بە نەفرەتکردن و سوێندخواردن کرد:
«ئەو پیاوە ناناسم!»
دەستبەجێ کەڵەشێر خوێندی. ٧٥ ئەوسا پەترۆس
قسەکانی عیسای بیرکەوتەوە کە فەرمووی: «پێش
ئەوەی کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ
دەکەیت.» ئیتر چووە دەرەوە و بەکوڵ گریا.

---

[a] ٥٩ ئەنجومەنی باڵای جولەکە.

[b] ٦٣ جولەکەکان چاوەڕێی هاتنی مەسیحیان دەکرد کە کوڕی خودایە و بۆ ئازادکردنی گەلی ئیسرائیل دێتە سەر زەوی.

[c] ٦٤ زەبوورەکان ١١٠:١ و دانیال ٧:١٣،١٤.

[d] ٧٣ خەڵکی جەلیل شێوەزاریان جیا بوو لەگەڵ خەڵکی ئۆرشەلیم.

## عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

٢٧ کاتێك ڕۆژبووەوە، هەموو کاهینانی باڵا و پیرانی گەل تەگبیریان لە عیسا کرد تاکو بیکوژن. [2]جا بەستیانەوە و بردییان و دایانە دەست پیلاتۆسی فەرمانڕەوا.

## یەهوزا خۆی دەکوژێ

[3]ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دا کە بینی عیسا بڕیاری بەسەردا درا، پەشیمان بووەوە، سی دراوە زیوەکەی بۆ کاهینانی باڵا و پیران گەڕاندەوە و [4]گوتی: «گوناهم کرد کە خوێنێکی بێتاوانم بە گرتن دا.» گوتیان: «بە ئێمە چی؟ خۆت دەزانیت.»

[5]ئەویش زیوەکانی لە پەرستگادا فڕێدا و ڕۆیی، چوو خۆی هەڵواسی[a].

[6]بەڵام کاهینانی باڵا دراوە زیوەکانیان هەڵگرتەوە و گوتیان: «دروست نییە بیخەینە گەنجینەی پەرستگاوە، چونکە نرخی خوێنە.» [7]ئینجا تەگبیریان کرد و کێڵگەی گۆزەکەرەکەیان بۆ گۆڕستانی بێگانان پێی کڕی. [8]لەبەر ئەوە ئەو کێڵگەیە تاکو ئەمڕۆش پێی دەگوترێ کێڵگەی خوێن. [9]ئەوسا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر یەرمیا گوتراوە، هاتە دی: ﴿سی پارچە زیوەکەیان برد، ئەم نرخە لەلایەن کوڕەکانی ئیسرائیل لەسەری خەمڵێنرا، [10]ئینجا بە کێڵگەی گۆزەکەرەکەیان دا، وەك یەزدان فەرمانی پێدام.[b]﴾

## پیلاتۆس پرسیار لە عیسا دەکات

[11]عیساش لەبەردەم فەرمانڕەوا ڕاوەستا، فەرمانڕەوا لێی پرسی، گوتی: «ئایا تۆ پاشای جولەکەی؟»

عیساش فەرمووی: «تۆ دەڵێیت.»

[12]کاتێك کاهینانی باڵا و پیران سکاڵایان لێی دەکرد، هیچ وەڵامی نەدەدایەوە. [13]پیلاتۆس پێی گوت: «ئایا گوێت لێ نییە چەند شایەتیت لەسەر دەدەن؟» [14]بەڵام عیسا تەنانەت بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە، فەرمانڕەواش زۆر سەرسام بوو.

[a] ٥ بە پەتێك خۆی هەڵواسی هەتا خنکا.

[b] ١٠ زەکەریا ١٢:١١-١٣ و یەرمیا ١:١٩-١٣؛ ٣٢:٦-٩.

## بڕیاری لەخاچدانی عیسا

[15]لە هەر جەژنێکدا فەرمانڕەوا کردبوویە نەریت بەگوێرەی خواستی خەڵکەکە بەندکراوێك ئازاد بکات. [16]لەو کاتەدا گیراوێکی بەناوبانگیان هەبوو، ناودەبردرا باراباس. [17]لەبەر ئەوە کاتێك کۆبووبوونەوە، پیلاتۆس لێی پرسین: «کێتان دەوێ بۆتانی بەربدەم، باراباس یان عیسا، ئەوەی پێی دەگوترێ مەسیح؟» [18]چونکە زانی لەبەر ئیرەیی عیسایان بە گرتن دابوو.

[19]کاتێك لەسەر تەختی دادگایی دانیشتبوو، ژنەکەی هەواڵی بۆ نارد: «هیچ لەو بێتاوانە مەکە، چونکە ئەمڕۆ لە خەوندا لەبەر ئەو زۆر ئازارم چێژتووە.»

[20]بەڵام کاهینانی باڵا و پیران خەڵکەکەیان جۆشدا کە داوای باراباس بکەن و عیسا لەناوببەن.

[21]فەرمانڕەوا وەڵامی دانەوە: «لەم دووانە کامەتان دەوێ بۆتان ئازاد بکەم؟» گوتیان: «باراباس.»

[22]پیلاتۆس لێی پرسین: «ئەی چی لە عیسا بکەم، ئەوەی پێی دەگوترێ مەسیح؟»

هەموو گوتیان: «با لە خاچ بدرێت!»

[23]ئەویش گوتی: «بۆ؟ چ خراپەیەکی کردووە؟»

بەڵام زیاتر هاواریان دەکرد: «با لە خاچ بدرێت!»

[24]پیلاتۆس بینی سوودی نییە و خەریکە ئاژاوە ڕوودەدات، ئاوی هێنا و لەبەردەم خەڵکەکە دەستی شوشت و گوتی: «لە خوێنی ئەمە بێتاوانم! لە ئەستۆی ئێوەیە!»

[25]گەل هەموو وەڵامیان دایەوە: «با خوێنی لە ئەستۆی ئێمە و منداڵمان بێت!»

[26]ئەوسا باراباسی بۆ ئازاد کردن، بەڵام فەرمانی دا کە عیسا بدرێتە بەر قامچی و پاشان لە خاچ بدرێت.

## سەربازەکان گاڵتە بە عیسا دەکەن

[27]سەربازەکانی فەرمانڕەوا عیسایان بۆ کۆشکی فەرمانڕەوا برد و تەواوی سەربازەکان لە دەوری کۆبوونەوە. [28]ڕووتیان کردەوە و کەوایەکی سووریان دایێ. [29]هەروەها تاجێکی دڕکیان هۆنییەوە و لە سەریان کرد، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ کرد و

دەیانگوت: «سڵاو ئەی پاشای جولەکە!» ٣٠تفیان لێکرد،
قامیشەکەیان برد و بە سەریاندا کێشا. ٣١دوای ئەوەی
گاڵتەیان پێکرد، کەواکەیان لەبەر داکەند و کراسەکەی
خۆیان لەبەرکردەوە، بردییان تاوەکو لە خاچی بدەن.

## لەخاچدان و مردنی عیسا

٣٢کاتێك دەهاتنە دەرەوە پیاوێکی کورێنییان[a]
بینی ناوی شیمۆن بوو، ناچاریان کرد خاچەکەی ئەو
هەڵبگرێت. ٣٣کە گەیشتنە ئەو شوێنەی پێی دەگوترا
گولگۆسا، ناونراوە شوێنی کاسەسەر، ٣٤شەرابی تێکەڵ
بە زراویان دایە عیسا تاکو بیخواتەوە، کە تامی کرد
نەیویست بیخواتەوە. ٣٥کە لە خاچیان دا، بە تیروپشك
کراسەکەیان دابەش کرد. ٣٦ئینجا لەوێ دانیشتن و
ئێشکیان بۆ گرت. ٣٧لەژوور سەرییەوە تاواننامەکەی
ئەویان دانا کە نووسرابوو: «ئەمە عیسایە، پاشای
جولەکە.» ٣٨ئەوسا دوو دز لەگەڵی لە خاچ درابوون،
یەکێك لەلای ڕاستی و ئەوەی دیکەش لەلای چەپی.
٣٩ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین، جنێویان پێی دەدا
و سەریان بادەدا، ٤٠دەیانگوت: «ئەی ڕووخێنەری
پەرستگا و بنیادنەرەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار
بکە! ئەگەر تۆ کوڕی خودای، لە خاچەکە دابەزە!»
٤١بە هەمان شێوە کاهینانی باڵا لەگەڵ
مامۆستایانی تەورات و پیران گاڵتەیان پێدەکرد:
٤٢«خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی
ڕزگار بکات! پاشای ئیسرائیلە! با ئێستا لە خاچەکە
دابەزێت، باوەڕی پێدەهێنین. ٤٣پشتی بە خودا
بەست، با ئێستا ڕزگاری بکات، ئەگەر ئەمی دەوێت،
چونکە گوتی: ”من کوڕی خودام.“» ٤٤دزەکانیش کە
لەگەڵی لە خاچ درابوون گاڵتەیان پێدەکرد.

## مردنی عیسا

٤٥لە کاتژمێر دوازدەوە[b] هەتا سێ[c]، تاریکایی

[a] ٣٢ کورێن: شارێکی یۆنانی بووە کە دەکەوێتە ناو وڵاتی لیبیای ئێستا.
[b] ٤٥ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.
[c] ٤٥ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

بەسەر هەموو زەوییەوە بوو. ٤٦نزیکەی کاتژمێر سێ
عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «﴿ئێلی، ئێلی،
لەما شەبەقتانی؟﴾» واتە: ﴿خودای من، خودای من،
بۆ وازت لێ هێنام؟﴾[d]
٤٧هەندێك لەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون و گوێیان
لێی بوو، گوتیان: «ئەوە بانگی ئەلیاس دەکات!»
٤٨دەستبەجێ یەکێك لەوان ڕایکرد و ئیسفەنجێکی
هەڵگرت، خستییە ناو سرکەوە و کردی بەسەر
قامیشێکەوە و پێیدا تاکو بیخواتەوە، ٤٩بەڵام ئەوانی
دیکە گوتیان: «لێگەڕێ، با بزانین ئەلیاس دێت
ڕزگاری بکات.»
٥٠عیساش بە دەنگێکی بەرز هاواری کردەوە و
گیانی سپارد.
٥١لەو کاتەدا پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا
خوارەوە شەقبوو و بوو بە دوو پارچە. زەوی لەرزی
و بەرد درزیان برد و ٥٢گۆڕەکان کرانەوە، زۆرێك لە
لاشەی گەلی پیرۆزی خودا کە مردبوون هەستانەوە.
٥٣دوای هەستانەوەی عیسا لە گۆڕەکان هاتنە دەرەوە
و چوونە ناو شاری پیرۆز، بۆ زۆر کەسیش دەرکەوتن.
٥٤سەرپەلەکە و ئەوانەی لەگەڵ ئەو چاودێری
عیسایان دەکرد، بوومەلەرزەکە و ئەو شتانەیان بینی
کە ڕوویدا، زۆر ترسان و گوتیان: «بەڕاستی ئەمە
کوڕی خودا بوو!»
٥٥زۆر ژن لەوێ بوون، لە دوورەوە تەماشایان
دەکرد، ئەوانەی لە جەلیلەوە دوای عیسا کەوتبوون
و خزمەتیان دەکرد، ٥٦مریەمی مەجدەلی و مریەمی
دایکی یاقوب و یوسف، لەگەڵ دایکی کوڕەکانی
زەبدی لەنێویان بوون.

## ناشتنی عیسا

٥٧دەمەو ئێوارە پیاوێکی دەوڵەمەندی خەڵکی ڕامە
هات، ناوی یوسف بوو، ئەو خۆی قوتابی عیسا بوو.
٥٨چوو بۆ لای پیلاتۆس و داوای تەرمەکەی عیسای
لێکرد، ئینجا پیلاتۆس فەرمانی دا بیدرێتێ. ٥٩یوسفیش
تەرمەکەی برد و بە کەتانی پاك پێچای و ٦٠لەو گۆڕە

[d] ٤٦ زەبوورەکان ١:٢٢.

نوێیەی خۆی ناشتی کە لە بەرد هەڵکەنرا بوو، ئینجا
بەردێکی گەورەی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە و
ڕۆیشت. [٦١]مریەمی مەجدەلی و مریەمەکەی دیکەش
لەوێ بوون، بەرامبەر گۆڕەکە دانیشتبوون.

## ئێشکگرتنی گۆڕی عیسا

[٦٢]بۆ بەیانی[a] کە دوای ڕۆژی خۆ ئامادەکردنە،
کاهینانی باڵا و فەریسییەکان لەلای پیلاتۆس
کۆبوونەوە، [٦٣]گوتیان: «گەورەم، هاتەوە بیرمان ئەو
چەواشەکارە کاتێك زیندوو بوو گوتی: ”دوای سێ
ڕۆژ هەڵدەستمەوە.“ [٦٤]جا فەرمان بدە هەتا ڕۆژی
سێیەم گۆڕەکەی پاس بکرێت، نەوەك قوتابییەکانی
بێن و بیدزن، ئەوسا بە گەل بڵێن لەنێوان مردووان
هەستاوەتەوە. جا چەواشەی دوایی لەوەی یەکەم
خراپتر دەبێت.»
[٦٥]پیلاتۆسیش گوتی: «پاسەوانتان هەیە، بڕۆن
چۆنتان پێ باشە وا پاسی بکەن.» [٦٦]ئەوانیش چوون
گۆڕەکەیان پاس کرد، مۆریان لە بەردەکە دا و
پاسەوانیان دانا.

## زیندووبوونەوەی عیسا

٢٨ دوای شەممە لە بەرەبەیانی یەکەم
ڕۆژی هەفتەدا، مریەمی مەجدەلی و
مریەمەکەی دیکە هاتن تەماشای گۆڕەکە بکەن.
[٢]لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، چونکە
فریشتەیەکی یەزدان لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە،
چوو بەردەکەی گلۆر کردەوە و لەسەری دانیشت.
[٣]ڕوخساری وەك بروسکە وابوو، جلەکانی وەك بەفر
سپی بوون. [٤]پاسەوانەکان لە ترسی ئەو لەرزین و
وەك مردوویان لێ هات.
[٥]بەڵام فریشتەکە بە ژنەکانی گوت: «مەترسن،
چونکە دەزانم بە شوێن عیسای لەخاچدراودا
دەگەڕێن. [٦]ئەو لێرە نییە، وەك خۆی فەرمووی،
هەستێنراوەتەوە. وەرن سەیری ئەو شوێنە بکەن کە
لێی درێژکرابوو. [٧]خێرا بڕۆن و بە قوتابییەکانی بڵێن:
”ئەو لەنێو مردوواندا هەستێنراوەتەوە، پێش ئێوە
دەچێتە جەلیل، لەوێ دەیبینن.“ ئەوەتا پێم گوتن.»
[٨]ئەوانیش خێرا لەلای گۆڕەکە ڕۆیشتن، بە ترس
و خۆشییەکی گەورەوە ڕایانکرد، تاوەکو هەواڵ
بدەنە قوتابییەکانی. [٩]ئەوە بوو عیسا تووشیان هات:
«سڵاو!» ئەمانیش چوونە پێشەوە، پێی عیسایان گرت
و کڕنۆشیان بۆ برد. [١٠]عیسا پێی فەرموون: «مەترسن،
بڕۆن بە باوەڕداران بڵێن با بچنە جەلیل، لەوێ
دەمبینن.»

## قسەی پاسەوانەکان

[١١]کە دەڕۆیشتن، هەندێك لە پاسەوانەکان هاتنە
ناو شار و ئەوەی ڕوویدابوو بۆ کاهینانی باڵایان
گێڕایەوە. [١٢]ئەوانیش لەگەڵ پیران کۆبوونەوە و
ڕاوێژیان کرد، زیوێکی زۆریان دایە سەربازەکان
و [١٣]گوتیان: «بڵێن، ”کاتێك ئێمە خەوتبووین،
قوتابییەکانی لە شەودا هاتن و دزییان.“ [١٤]ئەگەر
ئەمەش لەلای فەرمانڕەوا بیسترا، ئەوا ڕازی دەکەین
و لە گرفتەکە دەتانپارێزین.» [١٥]ئەوانیش زیوەکەیان
وەرگرت و چۆن فێرکران، وایانکرد، ئیتر ئەم قسەیە
هەتا ئەمڕۆش لەناو جولەکەدا بڵاو بووەتەوە.

## دەرکەوتنی عیسا بۆ قوتابییەکان

[١٦]ئیتر یازدە قوتابییەکە چوونە جەلیل، بۆ ئەو
کێوەی عیسا فەرمانی پێدابوون. [١٧]کاتێك بینییان
کڕنۆشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان کرد.
[١٨]عیسا لێیان نزیك بووەوە و قسەی بۆ کردن:
«هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی
دراوەتێ. [١٩]کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە
قوتابی، بە ناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان
هەڵبکێشن، [٢٠]فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو
ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو
ڕۆژێك لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.»

[a] ٦٢ مەبەست لە ڕۆژی هەینییە.

# مزگێنی بەپێی نووسینی مەرقۆس

## کورتە باسێك

یۆحەنای مەرقۆس کەوا بە مەرقۆس ناسراوە، هاوڕێی بەرناباس و پۆڵس بووە (بڕوانە کردار ١٣،٥:١٣ و ٢ تیمۆساوس ١١:٤). یەکێك نەبووە لە دوازدە قوتابییەکەی عیسا، بەڵام لە کاتی گرتنی عیسا ئەو کەسە بووە کەوا پارچە کەتانەکەی بەجێهێشتووە و ڕایکردووە (٥١:١٤-٥٢). هەروەها یاوەر و یارمەتیدەری پەترۆس بوو لە ڕۆمای پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی، لە ساڵانی (٥٥-٥٦ ز.). بە سروش (وەحی)ی ڕۆحی پیرۆز پوختەی وتارەکانی پەترۆسی لەم پەڕتووکەدا کۆکردووەتەوە و مژدەی مەسیح و کورتەیەك لە سەربوردەی ژیانی ئەوی تێدا باسکردووە، بە یەکەمین نووسراوەی پەیامی مژدەی پاشایەتی خودا هەژمارد دەکرێ.

مەرقۆس ئەم مژدەیەی بۆ هاندانی باوەڕدارانی بە ڕەگەز ڕۆمانی نووسیوە، زیاتریش تیشکی خستووەتە سەر پەرجوو (موعجیزە) و کردارەکانی عیسا. هەروەها مەسیح وەك خزمەتکارێك دەناسێنێت کە ئازاری زۆری چێژتووە، سێ جار پێشبینی مردنی خۆی کردووە. بە کورتی باسی پەیمانی کۆن دەکات، هەروەها هەوڵی داوە ئەو شتانە ڕوون بکاتەوە کە تایبەت بوون بە ئایینی جولەکە. لەم پەڕتووکەدا عیسا وەك مامۆستا و ڕزگارکەرێکی بێفیز دەردەکەوێت، «چونکە کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر.» (٤٥:١٠). بە خوێنی خۆی پەیمانێکی نوێ و پەیوەندییەکی نوێی لەنێوان خودا و مرۆڤدا دروستکردووە (٢٤:١٤).

## دەرکەوتنی یەحیای کوڕی زەکەریا

١ سەرەتای مزگێنی عیسای مەسیحی کوڕی خودا.

٢ لە پەڕتووکی ئیشایای پێغەمبەردا نووسراوە:

«من نێردراوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم،
ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات،»[a]
٣ «کەسێك لە چۆڵەوانی هاوار دەکات و دەڵێت:
«ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن،
ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.»»[b]

٤ یەحیا هات، لە چۆڵەوانیدا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا و جاڕی لەئاوهەڵکێشانی[c] تۆبەکردنی دەدا بۆ گوناه بەخشین. ٥ خەڵکی هەموو گوندەکانی یەهودیا و هەموو ئۆرشەلیم دەهاتنە لای یەحیا، دانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا و لە ڕووباری ئوردون لەلایەن ئەوەوە لە ئاو هەڵدەکێشران. ٦ جلوبەرگی یەحیا لە مووی وشتر بوو، پشتێنێکی چەرمیشی لە کەمەری دەبەست، کوللە و هەنگوینی کێوی دەخوارد. ٧ ئەمە پەیامەکەی ئەو بوو: «لەدوای من کەسێك دێت کە زۆر لە من بەهێزترە کە تەنانەت شایانی ئەوە نیم دابنەوێمەوە و قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە. ٨ من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام ئەو لە ڕۆحی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت[d].»

## لەئاوهەڵکێشانی عیسا

٩ لەو ڕۆژانەدا عیسا لە ناسیرەوە هات، کە سەر بە ناوچەی جەلیلە و لەسەر دەستی یەحیا لە ڕووباری ئوردون لە ئاو هەڵکێشرا. ١٠ هەر کە عیسا لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، بینی ئاسمان شەقبوو، ڕۆحی پیرۆزیش وەك کۆترێك لەسەری نیشتەوە. ١١ دەنگێکیش لە ئاسمانەوە هات: «تۆ کوڕی خۆشەویستمی، بە تۆ زۆر دڵشادم.»

---

[a] ٢ مەلاخی ١:٣.

[b] ٣ ئیشایا ٣:٤٠.

[c] ٤ یۆنانی: باپتسمە، بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناه، وەك (بسمیلکردن).

[d] ٨ بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناه بەهۆی ڕۆحی پیرۆز.

[١٢]دەستبەجێ ڕۆحی پیرۆز عیسای بەرەو چۆڵەوانی برد. [١٣]چل ڕۆژ لە چۆڵەوانیدا لەنێوان ئاژەڵانی کێویدا بوو، شەیتان تاقی دەکردەوە، فریشتەکانیش خزمەتیان دەکرد.

## هەڵبژاردنی قوتابییەکان

[١٤]دوای دەستگیرکردنی یەحیا، عیسا هاتە جەلیل و مزگێنی خودای ڕادەگەیاند و [١٥]دەیفەرموو: «کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن.»

[١٦]کاتێك عیسا لە کەناری دەریاچەی جەلیل دەڕۆیشت، شیمۆن و ئەندراوسی برای بینی، تۆڕیان فڕێدەدایە دەریاچەکە، چونکە ماسیگر بوون. [١٧]عیسا پێی فەرموون: «وەرن دوام بکەون، دەتانکەم بە ڕاوکەری مرۆڤ[a] .» [١٨]دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشت و دوای کەوتن.

[١٩]ئینجا کەمێك دوورکەوتەوە، یاقوبی کوڕی زەبدی و یۆحەنای برای بینی، لەناو بەلەمدا تۆڕەکەی خۆیان چاکدەکردەوە. [٢٠]یەکسەر بانگی کردن، ئەوانیش زەبدی باوکیان لەگەڵ کرێکاران لەناو بەلەمەکە بەجێهێشت و دوای کەوتن.

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

[٢١]ئینجا چوونە کەفەرناحوم. لە ڕۆژی شەممەدا عیسا چووە کەنیشت و دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵك. [٢٢]خەڵکی لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەك دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن، نەك وەکو مامۆستایانی تەورات[b] . [٢٣]لە کەنیشتەکەیاندا یەکێکی لێبوو ڕۆحی پیسی تێدابوو، لەپڕ هاواری کرد، [٢٤]گوتی: «عیسای ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لەناومان ببەیت؟ دەزانم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!»

[٢٥]عیسا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: «بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!» [٢٦]ڕۆحە پیسەکەش فێی لە پیاوەکە هێنا و بە دەنگی بەرز هاواری کرد و لێی هاتە دەرەوە.

[٢٧]هەموو سەرسام بوون و کەوتنە پرسیار لە یەکتری: «ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحە پیسەکانیش دەدات و گوێڕایەڵی دەبن.» [٢٨]یەکسەر ناوبانگی بە هەموو ناوچەی دەوروبەری جەلیلدا بڵاو بووەوە.

## چاککردنەوەی خەڵکێکی زۆر

[٢٩]کاتێك عیسا لەگەڵ یاقوب و یۆحەنا کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، چوونە ماڵی شیمۆن و ئەندراوس. [٣٠]خەسووی شیمۆن لەناو جێگا کەوتبوو، تای هەبوو، خێرا باسی ئەویان بۆ عیسا کرد. [٣١]ئەویش هات، دەستی گرت و هەڵیستاندەوە. تایەکە بەریدا و دەستی بە خزمەتکردنیان کرد.

[٣٢]ئەو ئێوارەیە لەپاش ڕۆژئاوابوون، هەموو نەخۆش و ئەو کەسانەیان بۆ دەهێنا کە ڕۆحی پیسیان تێدابوو. [٣٣]هەموو دانیشتووانی شارەکە لەبەر دەرگا کۆبوونەوە، [٣٤]عیسا ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی بە جۆرەها دەردەوە چاککردەوە و زۆر ڕۆحی پیسیشی دەرکرد و نەیهێشت ڕۆحە پیسەکان بدوێن، چونکە دەیانزانی کێیە.

## مزگێنیدان لە ناوچەی جەلیل

[٣٥]بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر کە هێشتا تاریك بوو، عیسا هەستا و چووە شوێنێکی چۆڵ و لەوێ دەستی کرد بە نوێژکردن. [٣٦]شیمۆن و هاوڕێکانی بە شوێنیدا گەڕان، [٣٧]کە دۆزییانەوە پێیان گوت: «هەموو خەڵکەکە بەدواتدا دەگەڕێن.»

[٣٨]عیسا پێی فەرموون: «وەرن، با بڕۆین بۆ دێیەکانی دەوروپشت، تاکو لەوێش پەیامەکەم ڕابگەیەنم، چونکە من بۆ ئەمە هاتووم.» [٣٩]ئینجا ڕۆیشت و لە هەموو جەلیلدا لەناو کەنیشتەکانیان پەیامی خودای ڕادەگەیاند و ڕۆحی پیسی دەردەکرد.

[a] ١٧ بەدەستهێنانی خەڵك تاکو ببنە قوتابی مەسیح.

[b] ٢٢ مالم.

## چاککردنەوەی نەخۆشی گولی

٤٠پیاوێکی گول هاتە لای عیسا و لێی پاڕایەوە،
چۆکی دادا و پێی گوت: «ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت
پاکم بکەیتەوە.»
٤١عیسا دڵی پێی سووتا و دەستی بۆ درێژکرد
و دەستی لێدا و پێی فەرموو: «دەمەوێت. پاك
بەرەوە!» ٤٢دەستبەجێ گولییەکەی لێبووەوە و پاك
بووەوە.
٤٣دوای ئەوەی کە عیسا پیاوەکەی بە توندی
ئاگادار کردەوە، دەستبەجێ بەڕێی کرد، ٤٤پێی
فەرموو: «ئاگاداربە، هیچ شتێك بە کەس مەڵێ،
بەڵام بڕۆ خۆت بە کاهین[a] پیشان بدە و بۆ
پاکبوونەوەکەت ئەو قوربانییەی موسا فەرمانی
کردووە بیکە، وەك شایەتییەك بۆیان.» ٤٥بەڵام
ئەو ڕۆیشت و دەستی بە جاڕدان و بڵاوکردنەوەی
ئەم هەواڵە کرد، لەبەر ئەوە عیسا نەیتوانی بە
ئاشکرا بچێتە ناو شار، بەڵکو لە دەرەوە لە شوێنە
چۆڵەکاندا بوو و خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە
دەهاتنە لای.

## چاککردنەوەی ئیفلیجێك

٢ پاش چەند ڕۆژێك عیسا هاتەوە ناو
کەفەرناحوم، جا بیسترا کە لە ماڵەوەیە.
٢خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بە شێوەیەك لە
بەردەرگاش شوێن نەمابوو. ئەویش وشەی خودای
بۆیان ڕاگەیاند. ٣لەو کاتەدا ئیفلیجێکیان هێنایە
لای، بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو. ٤بەڵام بەهۆی
زۆری خەڵکەکەوە نەیانتوانی لێی نزیك ببنەوە. جا
کونێکی گەورەیان کردە سەربانی ئەو شوێنەی کە
عیسای لێبوو و نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە پیاوە
ئیفلیجەکەی لەسەر بوو.
٥کاتێك عیسا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی
فەرموو: «کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.»
٦هەندێك مامۆستایانی تەورات لەوێ دانیشتبوون،
لە دڵی خۆیاندا بیریان دەکردەوە: ٧«بۆچی ئەمە بەم
شێوەیە دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ
دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟»
٨دەستبەجێ عیسا لە ناخی خۆیدا زانی لە دڵی
خۆیاندا بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون:
«بۆچی لە دڵتاندا بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟
٩کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: ”گوناهەکانت
بەخشران،“ یان بڵێی: ”هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە
و بڕۆ“؟ ١٠بەڵام تاکو بزانن، کوڕی مرۆڤ[b] لەسەر
زەوی دەسەڵاتی هەیە گوناه ببەخشێت،...» ئینجا
بە ئیفلیجەکەی فەرموو: ١١«پێت دەڵێم: هەستە،
نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوە ماڵەوە.» ١٢ئەویش
یەکسەر هەستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی
هەموویان چووە دەرەوە. بە شێوەیەك هەموو
سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، گوتیان:
«هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!»

## عیسا لێڤی بانگهێشت دەکات

١٣دیسان عیسا چووە سەر کەناری دەریاچەکە،
خەڵکەکە هەموو لێی کۆبوونەوە و ئەویش فێری
دەکردن. ١٤لە کاتی ڕۆیشتنیدا، لێڤی کوڕی حەلفی
بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو:
«دوام کەوە.» ئەویش هەستا و دوای کەوت.
١٥کاتێك لە ماڵی ئەو دانیشتبوو زۆر لە باجگران
و گوناهباران لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی لەسەر
خوان بوون، چونکە ژمارەی ئەوانە زۆر بوو کە دوای
کەوتبوون. ١٦کاتێك مامۆستایانی تەورات کە فەریسی
بوون بینییان عیسا وا لەگەڵ گوناهبار و باجگران نان
دەخوات، بە قوتابییەکانیان گوت: «بۆچی لەگەڵ
باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟»
١٧کە عیسا گوێی لەمە بوو، پێی فەرموون:
«لەشساغ پێویستی بە پزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش.
نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو
گوناهباران.»

---

[a] ٤٤ کاهین: پیاوێکی ئایینی جولەکەیە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی قوربانی کردن لەناو پەرستگا و فێرکردنی خەڵك.

[b] ١٠ کوڕی مرۆڤ: مەسیح بەم نازناوە خۆی دەناسێنێت. بڕوانە دانیال ٧:١٣-١٤.

## دەربارەی ڕۆژوو

[١٨]کاتێك قوتابییەکانی یەحیا و فەریسییەکان بەڕۆژوو بوون، چەند کەسێك هاتنە لای عیسا و لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانی یەحیا و قوتابی فەریسییەکان بەڕۆژوو دەبن، بەڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژوو نابن؟»

[١٩]عیساش پێی فەرموون: «ئایا بانگهێشتکراوانی زەماوەند دەتوانن بەڕۆژوو بن کاتێك زاوا لەگەڵیاندایە؟ هەتا زاوا لەگەڵیاندا بێت ناتوانن بەڕۆژوو بن. [٢٠]بەڵام ڕۆژێك دێت کە زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن.

[٢١]«کەس کراسی کۆن بە پەڕۆیەك کە نەچووبێتە ئاو پینە ناکات، چونکە پینە نوێیەکە لە کراسە کۆنەکە ڕادەکێشێت و دڕاویەکە خراپتر دەبێت. [٢٢]کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو مەشکەی کۆنەوە، نەوەك شەرابەکە مەشکەکە بدڕێنێت، شەرابەکە دەڕژێت و مەشکەکەش بێ کەڵك دەبێت. بەڵکو شەرابی نوێ دەکرێتە ناو مەشکەی نوێوە.»

## گەورەی ڕۆژی شەممە

[٢٣]لە ڕۆژی شەممەدا عیسا بەناو دەغڵدا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی بە ڕێگاوە دەستیان کرد بە گوڵەگەنم لێکردنەوە. [٢٤]فەریسییەکان پێیان گوت: «بڕوانە، بۆچی شتێك دەکەن کە لە شەممەدا دروست نییە؟»

[٢٥]عیساش وەڵامی دانەوە: «ئایا نەتانخوێندووەتەوە داود چی کرد کاتێك خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون کەوتنە تەنگانە و برسییان بوو؟ [٢٦]لە سەردەمی ئەبیاتاری سەرۆك کاهین، داود چووە ناو ماڵی خودا و نانی تەرخانکراوی[a] خوارد، دایە ئەوانەش کە لەگەڵی بوون، ئەو نانەی کە دروست نییە بخورێت بۆ کاهینان نەبێت.»

[٢٧]ئینجا پێی فەرموون: «شەممە بۆ مرۆڤ بەدیهێنراوە، نەوەك مرۆڤ بۆ شەممە. [٢٨]کەواتە کوڕی مرۆڤ گەورەی ڕۆژی شەممەیە.»

## چاککردنەوەی نەخۆش لە شەممە

٣ دیسان عیسا چووەوە ناو کەنیشتێك، لەوێ پیاوێکی لێبوو دەستی وشك ببوو، [٢]جا چاودێرییان دەکرد بزانن لە شەممەدا چاکی دەکاتەوە، تاکو سکاڵای لێ بکەن. [٣]عیسا بە پیاوە دەست وشکبووەکەی فەرموو: «لەناوەڕاستدا ڕابوەستە.»

[٤]ئینجا پێی فەرموون: «ئایا لە شەممەدا کاری چاکە دروستە یان کاری خراپە؟ ژیان بەخشین یان کوشتن؟» کەچی بێدەنگ بوون.

[٥]بە تووڕەییەوە ئاوڕی لێیان دایەوە، لەبەر دڵڕەقییان خەمبار بوو، بە پیاوەکەی فەرموو: «دەستت درێژ بکە.» ئەویش درێژی کرد و دەستی چاك بووەوە. [٦]فەریسییەکان هاتنە دەرەوە و یەکسەر لەگەڵ هێرۆدسییەکان تەگبیریان کرد چۆن بیکوژن.

[٧]عیسا و قوتابییەکانی بەرەو دەریاچەکە هەڵکشان، خەڵکێکی زۆر لە جەلیل و یەهودیاوە دوای کەوتن، [٨]هەروەها لە ئۆرشەلیم و لە ئادومیا و ئەوبەری ئوردون[b] و دەوروبەری سور و سەیداوە هاتنە لای، خەڵکێکی زۆر هەموو ئەو شتانەیان بیستبوو کە دەیکرد. [٩]ئەویش بە قوتابییەکانی فەرموو کە بەلەمێکی بۆ ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە پاڵەپەستۆی نەخەنە سەر. [١٠]لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆری چاککردەوە، وای لێهات هەموو دەردەدارەکان بەرەو ڕووی دەهاتن تاکو دەستی لێبدەن. [١١]ئەو کەسانەی کە ڕۆحی پیسیان تێدابوو، کاتێك دەیانبینی کڕنۆشیان بۆ دەبرد و هاواریان دەکرد: «تۆ کوڕی خودای!» [١٢]ئەویش بە توندی فەرمانی پێدەدان کە ئاشکرای نەکەن.

[a] ٢٦ بڕوانە پەراوێزی مەتا ٤:١٢

[b] ٨ ڕووباری ئوردون.

## هەڵبژاردنی دوازدە نێردراوەکە

[١٣]عیسا چووە سەر شاخێك و ئەوانەی بانگکرد
کە خۆی ویستنی، ئەوانیش چوونە لای. [١٤]دوازدەی
دیاری کرد و ناوی لێنان نێردراوان، تاکو لەگەڵی
بن و بۆ جاڕدان بیاننێرێت و [١٥]دەسەڵاتیان هەبێت
بۆ دەرکردنی ڕۆحی پیس. [١٦]ئەم دوازدە کەسەی
دیاری کرد: شیمۆنی ناونا پەترۆس، [١٧]یاقوبی کوڕی
زەبدی و یۆحەنای برای کە ناوی لێنان بوانەرگس،
واتە کوڕانی هەورەتریشقە، [١٨]ئەندراوس و فیلیپۆس
و بەرتۆلماوس و مەتا و تۆماس و یاقوبی حەلفی
و تەداوس و شیمۆنی کانەوی[a] و [١٩]یەهوزای
ئەسخەریوتی کە عیسای بە گرتن دا.

## عیسا و سەرۆکی ڕۆحە پیسەکان

[٢٠]عیسا چووە ماڵێك و دیسان خەڵکێکی زۆریان
لێ کۆبووەوە، بە شێوەیەك نەیانتوانی نان بخۆن.
[٢١]کاتێك کەسوکاری بیستیان، هاتن بیگرن، چونکە
دەیانگوت: «مێشکی تێکچووە.»
[٢٢]مامۆستایانی تەوراتیش کە لە ئۆرشەلیمەوە
هاتبوون، گوتیان: «بەعلزەبول[b] دەستی بەسەردا
گرتووە، بە سەرۆکی ڕۆحە پیسەکان، ڕۆحی پیس
دەردەکات.»
[٢٣]عیسا بانگی کردن و بە نموونە قسەی بۆ کردن:
«شەیتان چۆن دەبێت شەیتان دەربکات؟ [٢٤]ئەگەر
شانشینێك دووبەرەکی تێدابێت، ئەو شانشینە خۆی
ڕاناگرێت. [٢٥]ئەگەر ماڵێکیش دووبەرەکی تێدابێت،
ئەو ماڵە خۆی ڕاناگرێت. [٢٦]ئەگەر شەیتان لە خۆی
هەڵگەڕایەوە و دووبەرەکی تێکەوت، خۆی ڕاناگرێت،
بەڵکو کۆتایی پێ دێت. [٢٧]کەسیش ناتوانێت بچێتە
ماڵی بەهێزێك و شتەکانی تاڵان بکات، ئەگەر یەکەم
جار نەیبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات.
[٢٨]ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەموو گوناه و کفرکردنێکی
مرۆڤ کە دەیکات دەبەخشرێن، [٢٩]بەڵام ئەوەی
سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆز کفر بکات، هەرگیز
نابەخشرێت، بەڵکو بە گوناهێکی هەتاهەتاییەوە
تاوانبارە.» [٣٠]ئەمەی گوت چونکە دەیانگوت: «ڕۆحی
پیسی هەیە.»

## دایك و براکانی عیسا

[٣١]دایك و براکانی عیسا هاتن، لە دەرەوە ڕاوەستان
و ناردیان بەدوایدا. [٣٢]خەڵکیش لە دەوروبەری
دانیشتبوون، پێیان گوت: «وا دایك و براکانت لە
دەرەوە بەدواتدا دەگەڕێن.»
[٣٣]وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «دایکم کێیە و
براکانم کێن؟»
[٣٤]چاوی گێڕا بەسەر ئەوانەی لە دەوروپشتی
دانیشتبوون و فەرمووی: «دایك و برای من ئەمانەن.
[٣٥]ئەوەی بە خواستی خودا بکات، خوشك و برا و
دایکمە.»

## نموونەی جوتیارێك

٤ دیسان عیسا لە کەناری دەریاچەی جەلیل
دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵك، خەڵکێکی
ئێجگار زۆر لێی کۆبووەوە، تاکو وای لێهات چووە
ناو بەلەمێکی ناو ئاوەکە دانیشێت، هەموو
خەڵکەکەش لە نزیك ئاوەکە لەسەر وشکانی بوون.
[٢]بە نموونە زۆر شتی فێرکردن، لە فێرکردنەکەیدا
پێیانی فەرموو: [٣]«گوێ بگرن، جوتیارێك چووە
دەرەوە تۆو بکات. [٤]کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی
کەوتنە سەر ڕێگا، باڵندەش هاتن و خواردیانن.
[٥]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی بەردەڵان
کە خۆڵی کەم بوو، خێرا سەریان دەرکرد، چونکە
زەوییەکەی قووڵ نەبوو. [٦]بەڵام کە ڕۆژ هەڵهات
سووتان و وشك بوون، چونکە ڕەگیان نەبوو.
[٧]هەندێکیشیان کەوتنە نێو دڕکان، دڕکەکان
گەورە بوون و خنکاندیانن و بەرهەمیان نەدا.
[٨]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی باش، ڕوان،
گەشەیان کرد و بەرهەمیان دا، یەك بە سی و یەك
بە شەست و یەك بە سەد.»

[a] ١٨ کانەوی پارتێکی نەتەوەیی ڕادیکالی جولەکە بوو، شیمۆنیش سەر بەو پارتە بوو. بڕوانە لۆقا ١٥:٦.

[b] ٢٢ بەعلزەبول: بڕوانە مەتا ٢٥:١٠

٩ ئینجا فەرمووی: «ئەوەی گوێی بیستنی هەیە، با
ببیستێت!»
١٠ کاتێك بە تەنها بوو، ئەوانەی لە دەوروپشتی
بوون لەگەڵ دوازدەکە[a]، دەربارەی نموونەکە لێیان
پرسی. ١١ ئەویش پێی فەرموون: «نهێنی شانشینی
خودا بە ئێوە دراوە، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەن
هەموو شتێکیان بە نموونە پێ دەگوترێت، ١٢ بۆ
ئەوەی

«﴿بە سەیرکردن سەیر بکەن، بەڵام نەبینن،
بە بیستن ببیستن، بەڵام تێنەگەن،
نەوەك بگەڕێنەوە و ببەخشرێن!﴾[b]»

١٣ ئینجا پێی فەرموون: «ئایا لەم نموونەیە
تێنەگەیشتن؟ باشە چۆن لە هەموو نموونەکان
تێدەگەن؟ ١٤ جوتیارەکە پەیامی خودا تۆو دەکات.
١٥ هەندێك کەس وەکو ئەو تۆوانەن کە دەکەونە
سەر ڕێگاکە، کە پەیامەکەیان لێ تۆو دەکرێت،
کاتێك دەیبیستن دەستبەجێ شەیتان دێت و ئەو
پەیامەیە دەبات کە تێیاندا تۆوکراوە. ١٦ ئەوانەی
تر کە لەسەر بەردەڵانەکە تۆوکران، ئەوانەن کە
پەیامەکە دەبیستن و یەکسەر بە خۆشییەوە
وەریدەگرن، ١٧ بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنن
چونکە ڕەگیان نییە، دواتر لەبەر پەیامەکە تووشی
تەنگانە و چەوسانەوە دەبن، یەکسەر دەکەون.
١٨ ئەوانەی دیکە کە لەنێو دڕکەکاندا تۆوکران، ئەمانە
ئەوەن کە پەیامەکە دەبیستن، ١٩ بەڵام خەمی ژیان
و فریوخواردنی دەوڵەمەندی و ئارەزووی شتەکانی
دیکە دێنە ناوەوە و پەیامەکە دەخنکێنن، ئیتر بێ
بەرهەم دەبن. ٢٠ ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییەکی
چاك تۆوکران، ئەوانەن کە پەیامەکە دەبیستن و
وەریدەگرن و بەرهەم دەدەن، یەك بە سی و یەك بە
شەست و یەك بە سەد.»

[a] ١٠ دوازدە قوتابییەکەی عیسا.
[b] ١٢ ئیشایا ٩:٦ و ١٠.

## نموونەی چرا

٢١ ئینجا پێی فەرموون: «ئایا خەڵکی چرا
هەڵدەکەن تاکو بیخەنە ژێر تەشت یان نوێنەوە؟
باشە لەسەر چرادان دایانانێن؟ ٢٢ چونکە شاردراوە
نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت.
٢٣ ئەگەر یەکێك گوێی هەیە بۆ بیستن، با ببیستێت.»

## نموونەی پێوانە

٢٤ هەروەها پێی فەرموون: «وردببنەوە لەوەی
دەیبیستن. بەو پێوانەیەی ئێوە بۆ خەڵك دەیپێون،
خودا بۆتان دەپێوێتەوە و زیاتریشتان دەداتێ،
٢٥ چونکە ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت، ئەوەش
کە نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی
دەسەنرێتەوە.»

## نموونەی گەشەکردنی تۆوێك

٢٦ هەروەها فەرمووی: «شانشینی خودا لە مرۆڤێك
دەچێت تۆو بوەشێنێتە سەر زەوی. ٢٧ شەو دەخەوێت
و ڕۆژ هەڵدەستێت، تۆوەکە سەر دەردەکات و
گەشە دەکات، ئەویش نازانێت چۆن دەبێت. ٢٨ زەوی
لە خۆیەوە بەرهەم دەدات، یەکەم جار گیا، ئینجا
گوڵەگەنم، پاشان لە گوڵەگەنمەکەدا گەنمی تەواو.
٢٩ بەڵام کاتێك بەرەکە پێ دەگات، دەستبەجێ داسی
لێ گیر دەکات، چونکە دروێنەی هاتووە.»

## نموونەی دەنکە خەردەل

٣٠ هەروەها فەرمووی: «شانشینی خودا لە چی
دەچێت؟ بە چ نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە؟
٣١ شانشینی خودا وەك دەنکە خەردەلێکە[c]، کاتێك
لەسەر زەوی تۆو دەکرێت، لە هەموو تۆوەکانی
سەر زەوی بچووکترە. ٣٢ کاتێك تۆو دەکرێت، گەشە
دەکات و لە هەموو ڕووەکەکان گەورەتر دەبێت و
لقی گەورە دەردەکات، بە شێوەیەك باڵندەی ئاسمان
دەتوانن لەژێر سێبەریدا هێلانە بکەن.»

[c] ٣١ ڕووەکێکە لە وڵاتی فەلەستین دەڕوێت، بەرزییەکەی لە ماوەی ساڵێك لە ڕواندنی دەگاتە نزیکەی ٣ بۆ ٤ مەتر.

[٣٣]هەتا ئەو ئاستەی دەیانتوانی لێی تێبگەن، عیسا
بە زۆر نموونەی لەو شێوەیە خەڵکی فێر دەکرد.
[٣٤]بەبێ نموونە قسەی بۆ نەدەکردن، بەڵام کاتێک
بە تەنها دەبوو لەگەڵ قوتابییەکانی خۆی هەموو
واتاکانی بۆ ڕوون دەکردنەوە.

## هێمنکردنەوەی ڕەشەبا

[٣٥]لەو ڕۆژەدا، کاتێک ئێوارە داهات، پێی فەرموون:
«با بپەڕینەوە ئەوبەر.» [٣٦]ئەوانیش خەڵکەکەیان
بەجێهێشت و وەکو خۆی بە بەلەمەکە بردیان،
بەلەمی دیکەشی لەگەڵ بوو. [٣٧]ئینجا ڕەشەبایەکی
توند هەڵیکرد، شەپۆلەکان بە توندی لە بەلەمەکەیان
دەدا، کە خەریک بوو پڕبێت لە ئاو. [٣٨]عیسا لە
دواوە سەری خستبووە سەر سەرینێک و خەوتبوو.
هەڵیانساند و پێیان گوت: «مامۆستا، بەلاتەوە گرنگ
نییە ئەگەر لەناوبچین؟»
[٣٩]ئەویش هەستا و لە ڕەشەباکەی ڕاخوڕی و بە
دەریاچەکەی فەرموو: «بێدەنگ بە! هێمن بە!»
ڕەشەباکە وەستا و بووە هێمنییەکی تەواو.
[٤٠]ئینجا پێی فەرموون: «بۆچی ئەوەندە دەترسن؟
هێشتا باوەڕتان نییە؟»
[٤١]ئەوانیش تۆقین و بە یەکترییان دەگوت: «ئەمە
کێیە؟ تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن!»

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

٥ ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ
هەرێمی گەراسین. [٢]کاتێک عیسا لە بەلەمەکە
دابەزی، یەکسەر لەناو گۆڕستان پیاوێکی تووشبوو
ڕۆحی پیسی تێدابوو، [٣]لەناو گۆڕستاندا دەژیا،
کەس نەیدەتوانی چیتر بیبەستێتەوە، تەنانەت بە
زنجیریش. [٤]زۆر جار بە کۆت و زنجیر دەبەسترایەوە،
بەڵام زنجیرەکانی دەپچڕاند و کۆتەکانیشی دەشکاند،
کەس نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت. [٥]شەو و ڕۆژ
بەردەوام لەناو گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو، هاواری
دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد.
[٦]کاتێک لە دوورەوە عیسای بینی، ڕایکرد و
کڕنۆشی بۆ برد. [٧]بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
«چیت لە من دەوێت، ئەی عیسای کوڕی خودای
هەرەبەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا، ئەشکەنجەم
مەدە!» [٨]چونکە عیسا پێی فەرمووبوو: «ئەی ڕۆحی
پیس، لە پیاوەکە وەرە دەرەوە!»
[٩]ئینجا لێی پرسی: «ناوت چییە؟»
پێی گوت: «ناوم لێگیۆنە[a]، چونکە ئێمە زۆرین.»
[١٠]زۆریش لە عیسا پاڕایەوە نەیاننێرێتە دەرەوەی
ناوچەکە.
[١١]لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە قەد شاخەکە
دەلەوەڕان، [١٢]ڕۆحە پیسەکان لە عیسا پاڕانەوە:
«بماننێرە ناو بەرازەکان، با بچینە ناویان.» [١٣]ئەویش
ڕێی پێدان. ڕۆحە پیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە
ناو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە کە نزیکەی دوو هەزار
دەبوون، بە خێرایی لە قەراغی شاخەکەوە بۆ ناو
دەریاچەکە هەڵدێران و خنکان.
[١٤]بەرازەوانەکان ڕایانکرد، هەواڵیان دا بە شار
و کێڵگەکان. خەڵکەکەش هاتن تاکو ببینن چی
ڕوویداوە. [١٥]هاتنە لای عیسا، بینییان ئەوەی
لەشکرێک ڕۆحی پیسی تێدابوو، دانیشتووە و
پۆشتەیە و ئاقڵە، جا ترسان. [١٦]ئەوانەش کە بینیبوویان
چی بەسەر بەرازەکان و کەسەکە هات کە ڕۆحی
پیسی تێدابوو، ڕووداوەکەیان بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە.
[١٧]ئیتر دەستیان بە پاڕانەوە کرد لە عیسا تاکو لە
ناوچەکەیان بڕوات.
[١٨]کاتێک عیسا سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەوەی
ڕۆحی پیسی تێدابوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت.
[١٩]ڕێگای نەدا، بەڵکو پێی فەرموو: «بڕۆ ناو ماڵ و
کەسوکارەکەت، بۆیان بگێڕەوە پەروەردگار چی بۆت
کردووە و چۆن بەزەیی پێتدا هاتەوە.» [٢٠]جا ڕۆیشت
و لە دە شارەکە[b] دەستی بە جاڕدانی هەموو ئەوە
کرد کە عیسا بۆی کردبوو. هەموو سەرسام بوون.

[a] ٩ لێگیۆن: لاتینی، واتە لەشکری ٦٠٠٠ سەربازی.
[b] ٢٠ دە شارەکە: دیکاپۆلیس، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردون.

## زیندووکردنەوەی کچێك

[٢١]دیسان عیسا بە بەلەمەکە پەڕییەوە ئەوبەر، هەر لەدەم ئاوەکە بوو خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. [٢٢]یەکێك لە پێشەوایانی کەنیشت هات، ناوی یایرۆس بوو، کاتێك عیسای بینی، لەبەرپێی کەوت و [٢٣]زۆر لێی پاڕایەوە: «کچە بچووکەکەم لە سەرەمەرگدایە، وەرە دەستی لەسەر دابنێ تاکو چاك بێتەوە و بژییێت.» [٢٤]عیسا لەگەڵی چوو، خەڵکێکی زۆر دوای کەوت و پاڵەپەستۆیان لێ دەکرد.

## چاککردنەوەی ژنێك

[٢٥]ژنێك دوازدە ساڵ بوو خوێنبەربوونی هەبوو. [٢٦]بە دەستی چەندین پزیشك ئازاری زۆری چێژتبوو، ئەوەی هەیبوو خەرجی کردبوو، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو خراپتر ببوو. [٢٧]باسی عیسای بیستبوو، بۆیە هاتە ناو خەڵکەکە و لە دواوە دەستی لە کراسەکەی دا، [٢٨]چونکە لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەگەر تەنها دەست لە کراسەکەی بدەم، چاکدەبمەوە.» [٢٩]دەستبەجێ خوێن لێچوونەکەی ڕاوەستا و لە لەشیدا هەستی بە چاکبوونەوە کرد لە نەخۆشییەکەی.

[٣٠]یەکسەر عیساش زانی هێزێك لێی هاتە دەرەوە، ئاوڕی لە خەڵکەکە دایەوە و فەرمووی: «کێ دەستی لە کراسەکەم دا؟»

[٣١]قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: «دەبینیت خەڵکەکە پاڵەپەستۆت لێدەکەن، کەچی دەفەرمووی کێ دەستی لێدام؟»

[٣٢]بەڵام عیسا چاوی دەگێڕا، تاکو بزانێت کێ بوو وای کرد. [٣٣]ژنەکەش بە ڕووداوەکەی خۆی دەزانی، بە ترس و لەرزەوە هات، لەبەردەمی کەوت و هەمووی بە ڕاستی پێ گوت. [٣٤]ئەویش پێی فەرموو: «کچم، باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە، بڕۆ بە سەلامەت و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە.»

[٣٥]کاتێك عیسا قسەی دەکرد، کەسانێك لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هاتن، گوتیان: «کچەکەت مرد، ئیتر ئەزیەت مەخەرە بەر مامۆستا.»

[٣٦]بەڵام عیسا گوێی بە قسەکەیان نەدا، بە پێشەواکەی کەنیشتی فەرموو: «مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێت.»

[٣٧]نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێت، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای یاقوب نەبێت. [٣٨]هاتنە ماڵی پێشەواکەی کەنیشت، بینی هەرا و گریان و شیوەنێکی زۆرە. [٣٩]چووە ژوورەوە، پێی فەرموون: «بۆچی هەراتانە و دەگریێن؟ کچەکە نەمردووە، نوستووە.» [٤٠]بەمە خەڵکەکە پێی پێکەنین.

بەڵام عیسا هەموویانی دەرکردە دەرەوە، دایك و باوکی منداڵەکەی برد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون و چووە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو. [٤١]دەستی منداڵەکەی گرت و پێی فەرموو: «تالیسا، قوم!» واتە: «کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!» [٤٢]کچەکە کە تەمەنی دوازدە ساڵ بوو، دەستبەجێ هەستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، جا هەموویان زۆر سەرسام بوون. [٤٣]بە توندیش ڕایسپاردن کەس بەمە نەزانێت و فەرمووی شتێکی بدەنێ با بیخوات.

## ڕێزنەگرتن لە عیسا

٦ عیسا ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی دوای کەوتن. [٢]کە بووە شەممە، لە کەنیشتدا دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵك، زۆر لەوانەی گوێیان لێی گرتبوو سەرسام بوون.

گوتیان: «ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییەی پێی دراوە و ئەم پەرجووانەی[a] لەسەر دەستی دەکرێن! [٣]ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی مریەم و براکەی یاقوب و یوسی و یەهوزا و شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی لێرە لەلامان نین؟» جا ڕەتیان کردەوە.

[٤]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «پێغەمبەر بێ ڕێز

---

[a] ٢ پەرجوو: موعجیزە.

نییە، تەنها لە شار و لەنێوان خزم و لە ماڵی خۆی نەبێت.» [٥]ئیتر لەوێدا نەیتوانی هیچ پەرجوویەك بکات، تەنها چەند نەخۆشێك نەبێت کە دەستی لەسەر دانان و چاکیکردنەوە. [٦]لە بێباوەڕی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا گەڕا و خەڵکی فێر دەکرد.

## عیسا نێردراوەکانی دەنێرێت

[٧]ئینجا دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، دوو دوو دەستی بە ناردنیان کرد و دەسەڵاتی پێدان بەسەر ڕۆحە پیسەکان.

[٨]ڕایسپاردن کە بۆ ڕێگا هیچ نەبەن جگە لە گۆچانێك، نە نان و نە توورەکە و نە پارە بۆ بەر پشتێن. [٩]بەڵکو پێڵاو لە پێیان بێت و دوو کراس لەبەر نەکەن. [١٠]پێی فەرموون: «لە هەر شوێنێك چوونە ماڵێك، لەوێ بمێننەوە هەتا ئەوێ بەجێدەهێڵن. [١١]ئەگەر لە هەر شوێنێکیش پێشوازییان لێ نەکردن و گوێیان لێ نەگرتن، لەوێ بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەکێنن، بۆ شایەتی لەسەریان.»

[١٢]ئەوانیش چوونە دەرەوە و جاڕی تۆبەکردنیان دا. [١٣]ڕۆحی پیسی زۆریان دەرکرد و زۆر نەخۆشیان بە ڕۆن چەورکرد و چاکیان کردنەوە.

## کوشتنی حەزرەتی یەحیا

[١٤]شا هێرۆدس ئەمەی بیست، چونکە ناوی عیسا دەنگیدایەوە و دەیانگوت: «یەحیای لەئاوهەڵکێش لەناو مردووان هەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت.»

[١٥]خەڵکی دیکە دەیانگوت: «ئەلیاسە.» هەندێکیش دەیانگوت: «پێغەمبەرێکە، وەك پێغەمبەرانی سەردەمی کۆن.»

[١٦]بەڵام هێرۆدس کە بیستی، گوتی: «یەحیایە، ئەوەی سەرم بڕی، ئەوە هەستاوەتەوە!»

[١٧]خودی هێرۆدس ناردبووی، لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلیپۆسی برای، ئەوەی کە خواستبووی، یەحیای گرتبوو و لە زیندان بەستبوویەوە، [١٨]چونکە یەحیا بە هێرۆدسی دەگوت: «دروست نییە براژنەکەت بخوازیت.» [١٩]ئیتر هیرۆدیا زۆر ڕقی لێی دەبووەوە و دەیویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی، [٢٠]چونکە هێرۆدس لە یەحیا دەترسا، دەیزانی پیاوێکی ڕاستودروست و پیرۆزە، دەیپاراست. کاتێك گوێی لێ دەگرت زۆر دەشێوا، حەزیشی دەکرد گوێی لێ بگرێت.

[٢١]دەرفەتێك ڕێککەوت، کاتێك هێرۆدس لە جەژنی لەدایکبوونی بۆ گەورە پیاوانی و فەرماندەکانی و ماقوڵانی جەلیل خوانی سازکرد. [٢٢]کچی هیرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد. جا هێرۆدس و ئەوانەی لەگەڵی پاڵیاندابووەوە دڵخۆشی کردن.

پاشا بە کچەکەی گوت: «ئەوەی دەتەوێت لە منی داوا بکە، دەتدەمێ.» [٢٣]سوێندیشی بۆ خوارد: «هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی شانشینەکەشم بێت.»

[٢٤]ئەویش چووە دەرەوە و بە دایکی گوت: «داوای چی بکەم؟» گوتی: «سەری یەحیای لەئاوهەڵکێش.»

[٢٥]دەستبەجێ و بە پەلە هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، داوای کرد و گوتی: «دەمەوێت ئێستا سەری یەحیای لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەك بدەیتێ.»

[٢٦]پاشا زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکان و ئەوانەی لەگەڵی لەسەر خوان بوون، نەیویست ڕەتی بکاتەوە. [٢٧]پاشا یەکسەر پیاوکوژی نارد و فەرمانی دا سەری بهێنێت. ئەویش چوو و لە زیندان سەری بڕی، [٢٨]لەسەر سینییەك سەری ئەوی هێنا و دایە کچەکە، کچەش دای بە دایکی. [٢٩]قوتابییەکانی بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕێکدا ناشتیان.

## تێربوونی پێنج هەزار کەس

[٣٠]نێردراوان لە عیسا کۆبوونەوە، هەموو ئەوەی کردبوویان و فێریان کردبوو بۆیان گێڕایەوە. [٣١]ئەویش پێی فەرموون: «هەر خۆتان وەرنە شوێنێکی چۆڵ کەمێك پشوو بدەن.» لەبەر ئەوەی

ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون، دەرفەتی نان خواردنیان نەبوو.

[٣٢]ئیتر هەر خۆیان بە بەلەم چوونە شوێنێکی چۆڵ. [٣٣]بەڵام خەڵکێکی زۆر ئەوانیان لە کاتی ڕۆیشتندا بینی و ناسیانەوە، لە هەموو شارەکانەوە پێکەوە بە پێ بەرەو ئەوێ ڕایاندەکرد و پێشیان کەوتن. [٣٤]کاتێک عیسا لە بەلەم دابەزی، خەڵکێکی ئێجگار زۆری بینی و دڵی پێیان سووتا، چونکە وەک مەڕی بێ شوان وابوون. دەستی پێکرد زۆر شتی فێرکردن.

[٣٥]کاتێک درەنگ داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای، گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە و ئێستا کاتیش درەنگە. [٣٦]بەڕێیان بکە، تاکو بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر خواردن بۆ خۆیان بکڕن.»

[٣٧]بەڵام وەڵامی دانەوە: «ئێوە شتێکیان بدەنێ با بیخۆن.» پێیان گوت: «ئایا بچین بایی دوو سەد دینار[a] نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ، تاکو بیخۆن؟»

[٣٨]ئەویش پێی فەرموون: «بڕۆن بزانن چەند نانتان هەیە.» کە زانییان گوتیان: «پێنج نان لەگەڵ دوو ماسی.»

[٣٩]ئینجا فەرمانی پێدان خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر سەوزە گیا دابنیشێنن. [٤٠]بە کۆمەڵ دانیشتن، سەد سەد و پەنجا پەنجا. [٤١]ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و تەماشای ئاسمانی کرد، سوپاسی کرد و نانەکانی لەتکرد و دایە قوتابییەکانی تاکو لەبەردەمیان دابنێن، دوو ماسییەکەشی بەسەر هەموویان دابەش کرد. [٤٢]هەموو خواردیان و تێر بوون. [٤٣]پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ لە پەلکەنان و ماسییان هەڵگرتەوە. [٤٤]ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد پێنج هەزار پیاو بوون.

## عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

[٤٥]دەستبەجێ عیسا قوتابییەکانی ناچار کرد سواری بەلەمەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ شارۆچکەی بێتسەیدا، تاکو خۆی خەڵکەکە بەڕێ دەکات. [٤٦]کە خواحافیزی لێکردن، بۆ نوێژکردن چووە سەر شاخ.

[٤٧]کە ئێوارە داهات، بەلەمەکە لەناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، عیساش بە تەنها لەسەر وشکانی بوو. [٤٨]کە بینی قوتابییەکانی بەهۆی سەوڵ لێدانەوە ماندوون، چونکە بایەک پێچەوانەیان بوو، لە بەرەبەیان هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت و ویستی لێیان تێبپەڕێت. [٤٩]بەڵام کاتێک بینییان بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوات، وایانزانی دێوەزمەیە، جا هاواریان کرد، [٥٠]چونکە هەموو بینییان و پەشۆکان.

ئەو دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کردن: «ورەتان بەرز بێ! منم. مەترسن.» [٥١]ئینجا بۆ لایان سەرکەوتە ناو بەلەمەکە و بایەکە وەستا. جا بە تەواوی سەرسام بوون، [٥٢]لەبەر ئەوەی لە پەرجووی نانەکان تێنەگەیشتن. دڵیان هەر ڕەق بوو.

## عیسا نەخۆشی دیکە چاک دەکاتەوە

[٥٣]کاتێک پەڕینەوە، هاتنە خاکی جەنیسارەت و لەنگەریان گرت. [٥٤]کاتێک لە بەلەمەکە دابەزین، خەڵک عیسایان ناسییەوە. [٥٥]بە پەلە ڕۆیشتن و دەستیان کرد بە هێنانی نەخۆشەکانیان بەسەر نوێنەکانیانەوە بۆ هەر شوێنێک کە دەیانبیست عیسای لێیە. [٥٦]بۆ هەر شوێنێک دەچوون، گوند، شار، کێڵگە، خەڵک نەخۆشەکانیان لە بازاڕ دادەنا و لێی دەپاڕانەوە کە تەنها دەست لە چمکی کراسەکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێیدا چاکبوونەوە.

## سەرپێچیکردنی ڕاسپاردەی خودا

٧ فەریسی و هەندێک لە مامۆستایانی تەورات کە لە ئۆرشەلیمەوە هاتبوون لەلای عیسا کۆبوونەوە. [٢]بینییان هەندێک لە قوتابییەکانی بە دەستی پیس نان دەخۆن، واتە بێ دەست شوشتن، [٣]چونکە فەریسی و هەموو جولەکە نان ناخۆن ئەگەر بە باشی دەستیان نەشۆن، پەیوەست بوون بە

[a] ٣٧ دینارێک کرێی ڕۆژانەی کرێکارێک بوو.

نەریتی پیران، [٤]هەروەها کاتێك لە بازاڕ دێنەوە نان ناخۆن هەتا خۆیان نەشۆن. زۆر دابونەریتی دیکەش هەیە کە جێبەجێی دەکەن، وەکو شوشتنی کاسە و چاپەست و دۆلکەی مس.

[٥]فەریسی و مامۆستایانی تەوراتیش لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانت لەسەر نەریتی پیران ناڕۆن و بە دەستی پیس نان دەخۆن؟»

[٦]ئەویش پێی فەرموون: «دووڕووەکان، سەبارەت بە ئێوە ئیشایای پێغەمبەر پێشبینی باشی کردووە، وەك نووسراوە:

«﴿ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت،
بەڵام دڵی لێم دوورە.
[٧]بەخۆڕایی دەمپەرستن،
تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵك
دەکەن.﴾[a]

[٨]ئێوە ڕاسپاردەی خوداتان پشتگوێ خستووە و دەستتان بە نەریتی مرۆڤەوە گرتووە.»

[٩]دیسان پێی فەرموون: «باش ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەریتی خۆتان بکەن. [١٠]بۆ نموونە، موسا گوتوویەتی: ﴿ڕێزی دایك و باوکتان بگرن﴾[b]، ﴿ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێت بکوژرێت.﴾[c] [١١]بەڵام ئێوە دەڵێن: ”ئەگەر یەکێك بە دایك یان باوکی بڵێت: ئەوەی لە منەوە سوودت لێی وەردەگرت، دەیکەمە قوربانی،“ بە واتای دیاری بۆ خودا، [١٢]ئیتر نایەڵن شتێکی بۆ دایك یان باوکی بکات. [١٣]بەو نەریتەتان کە لە یەکتری وەردەگرن، دەسەڵاتی ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە. زۆر شتی دیکەی وەك ئەمە دەکەن.»

## ئەوەی مرۆڤ گڵاو دەکات

[١٤]دیسان خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: «هەموو گوێم لێ بگرن و تێبگەن. [١٥]شت نییە لە دەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گڵاوی بکات. بەڵام ئەوەی لە مرۆڤەوە دێتە دەرەوە، ئەوە مرۆڤ گڵاو دەکات. [١٦][ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن با گوێ بگرێت.]»

[١٧]کاتێك خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتە ماڵەوە، قوتابییەکانی بۆ نموونەکە پرسیاریان لێکرد. [١٨]پێی فەرموون: «ئێوەش ئاوا تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات؟ [١٩]چونکە ناچێتە دڵییەوە، بەڵکو سکی، دەچێتە دەرەوەش بۆ ئاودەست.» بەمەش ڕایگەیاند کە هەموو خواردنێك پاکە.

[٢٠]ئینجا فەرمووی: «ئەوەی لە مرۆڤ دەردەچێت، ئەوەیە مرۆڤ گڵاو دەکات، [٢١]چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەوە، بیری خراپ دەردەچێت: بەدڕەوشتی، دزی، کوشتن، [٢٢]داوێنپیسی، چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کفر، لووتبەرزی، گێلی. [٢٣]هەموو ئەم خراپانە لە ناخی مرۆڤەوە دەردەچن و گڵاوی دەکەن.»

## باوەڕی ژنێکی کەنعانی

[٢٤]عیسا ئەوێی بەجێهێشت، چوو بۆ هەرێمی سور. چووە ماڵێك و نەیویست کەس بزانێت، هەرچەندە نەیتوانی خۆی بشارێتەوە. [٢٥]لەبەر ئەوەی ژنێك کچەکەی ڕۆحی پیسی تێدابوو، کاتێك هەواڵی ئەوی بیست یەکسەر هات و لەبەرپێی کەوت. [٢٦]ژنەکەش یۆنانی بوو، لە ڕەگەزی فینیکیای سوریا بوو، داوای لێکرد ڕۆحە پیسەکە لە کچەکەی دەربکات.

[٢٧]ئەویش پێی فەرموو: «جارێ با منداڵان تێر بن، چونکە ناشێت نانی منداڵان ببردرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ.»

[٢٨]بەڵام وەڵامی دایەوە: «گەورەم! سەگیش لەژێر خواندا لە پاشماوەی منداڵان دەخوات.»

[٢٩]پێی فەرموو: «لەبەر ئەم قسەیە، بڕۆ، ڕۆحە پیسەکە لە کچەکەت دەرچوو.»

[a] ٧ ئیشایا ١٣:٢٩.
[b] ١٠ دەرچوون ١٢:٣٠ و دواوتار ١٦:٥.
[c] ١٠ دەرچوون ١٧:٢١ و لێڤییەکان ٩:٢٠.

[٣٠]گەڕایەوە ماڵەکەی، بینی منداڵەکە لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە و ڕۆحە پیسەکە دەرچووبوو.

## چاکبوونەوەی کەڕولاڵێك

[٣١]ئینجا عیسا هەرێمی سوری بەجێهێشت و بە سەیدا دا بەرەو دەریاچەی جەلیل هات، بە هەرێمی دە شارەکەدا. [٣٢]کەڕێکی لاڵوپتەیان بۆ هێنا، لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێت.

[٣٣]عیسا بردییە لایەکەوە، دوور لە خەڵکەکە، پەنجەکانی خستە ناو گوێی کابراوە و تفی کرد بە دەستی خۆیدا و دەستی لە زمانی دا. [٣٤]چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و پێی فەرموو: «ئێففەسا!» واتە بکرێوە. [٣٥]دەستبەجێ گوێیەکانی کرانەوە و گرێی زمانی شلبووەوە و بە ڕەوانی قسەی کرد.

[٣٦]ئینجا ڕایسپاردن بە کەس نەڵێن، بەڵام چەند ڕایدەسپارد ئەوان زیاتر بڵاویان دەکردەوە. [٣٧]زۆر سەرسام بوون و دەیانگوت: «هەموو شتێکی بە باشی کردووە! وا دەکات کەڕ ببیستێت و لاڵ قسە بکات.»

## تێربوونی چوار هەزار کەس

٨ لەو ڕۆژانەدا دیسان خەڵکێکی ئێجگار زۆر هەبوو هیچیان نەبوو بیخۆن، عیسا قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: [٢]«دڵم بەو خەڵکە دەسووتێت، ئەوە سێ ڕۆژە لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن. [٣]ئەگەر بە برسێتی بیاننێرمەوە ماڵ، لە ڕێگا بڕ ناکەن، هەندێکیشیان لە دوورەوە هاتوون.»

[٤]قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: «کێ دەتوانێت لەم چۆڵەوانییە نانی ئەمانە بدات؟»

[٥]لێی پرسین: «چەند نانتان پێیە؟»

گوتیان: «حەوت.»

[٦]ئێتر فەرمانی دا خەڵکەکە لەسەر زەوی دانیشن. حەوت نانەکەی برد و سوپاسی خودای کرد، لەتی کردن و دایە قوتابییەکان تاکو دابەشی بکەن، ئەوانیش بەسەر خەڵکەکەدا دابەشیان کرد. [٧]چەند ماسییەکی بچووکیشیان پێبوو، سوپاسی کرد و فەرمووی با ئەمەش دابەش بکرێت. [٨]ئیتر خواردیان و تێربوون، حەوت سەبەتە پەلکەنانیان هەڵگرتەوە. [٩]نزیکەی چوار هەزار دەبوون، ئینجا بەڕێی کردن. [١٠]پاشان یەکسەر لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەم بوو و هاتە ناوچەی دەلمانووسە.

## داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

[١١]فەریسییەکان هاتن و لەگەڵ عیسا دەستیان بە مشتومڕ کرد، هەروەها بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوای نیشانەیەکی ئاسمانییان لێی کرد. [١٢]لە قووڵایی ڕۆحیدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و فەرمووی: «بۆچی ئەم نەوەیە داوای نیشانە دەکات؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: نیشانە نادرێتە ئەم نەوەیە.» [١٣]ئینجا بەجێی هێشتن. دووبارە سواری بەلەمەکە بوو و پەڕییەوە ئەوبەر.

## فێرکردنی فەریسییەکان

[١٤]قوتابییەکان لەبیریان چووبوو نان بهێنن، لە بەلەمەکەدا تەنها یەك نانیان پێبوو. [١٥]عیسا ڕایسپاردن: «وریابن، ئاگاداری هەویرترشی فەریسییەکان و هەویرترشی هێرۆدس بن.»

[١٦]لەناو خۆیاندا بە یەکتریان گوت: «لەبەر ئەوەی نانمان پێنییە.»

[١٧]عیسا زانی و پێی فەرموون: «بۆ باسی ئەوە دەکەن کە نانتان پێنییە؟ ئایا هێشتا جیا ناکەنەوە و تێناگەن؟ ئایا دڵڕەقن؟ [١٨]خۆ چاوتان هەیە، نابینن، گوێتان هەیە، نابیستن؟ هەروەها بیرتان نایەتەوە؟ [١٩]کاتێك پێنج نانەکەم بۆ پێنج هەزارەکە لەتکرد، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟»

وەڵامیان دایەوە: «دوازدە.»

[٢٠]«کاتێك حەوتەکەش بۆ چوار هەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟»

وەڵامیان دایەوە: «حەوت.»

[٢١]ئینجا پێی فەرموون: «هێشتا تێناگەن؟»

## چاکبوونەوەی کەسێکی نابینا

٢٢هاتنە بێتسەیدا، کەسێکی نابینایان هێنایە لای عیسا و لێی پاڕانەوە دەستی لێ بدات. ٢٣ئەویش دەستی نابیناکەی گرت، بردییە دەرەوەی دێیەکە و تفی لەسەر چاوی دا و دەستی لەسەر دانا و لێی پرسی: «هیچ دەبینیت؟»

٢٤سەیری کرد و گوتی: «خەڵك دەبینم وەك درەخت دەڕۆن.»

٢٥دیسان عیسا دەستی خستەوە سەر چاوی، چاوی تێبڕی و چاك بووەوە، هەموو شتێکی بە ڕوونی بینی. ٢٦ئینجا بۆ ماڵی خۆی ڕەوانەی کردەوە و فەرمووی: «جارێ مەڕۆ بۆ ناو دێ.»

## پەترۆس دان بە مەسیحدا دەنێت

٢٧عیسا و قوتابییەکانی بەرەو گوندەکانی قەیسەرییەی فیلیپۆس بەڕێکەوتن، لە ڕێگا لە قوتابییەکانی پرسی: «خەڵکی دەڵێن من کێم؟»

٢٨وەڵامیان دایەوە: «هەندێك دەڵێن یەحیای لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش دەڵێن ئەلیاس، هەندێکی دیکەش دەڵێن یەکێك لە پێغەمبەران.»

٢٩لێی پرسین: «ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟»

پەترۆس وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحەکەیت[a].»

٣٠جا ئاگاداری کردنەوە لەلای کەس باسی نەکەن.

## یەکەم باسی مردنی عیسا

٣١ئینجا دەستی بە فێرکردنیان کرد کە کوڕی مرۆڤ دەبێ زۆر ئازار بچێژێت، پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات ڕەتی بکەنەوە، بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێتەوە. ٣٢بە ئاشکرا قسەکەی کرد، پەترۆسیش هێنایە ئەم لاوە و دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی.

٣٣بەڵام عیسا ئاوڕی دایەوە و سەیری قوتابییەکانی کرد، سەرزەنشتی پەترۆسی کرد: «لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! تۆ بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.»

## خۆ ئامادە کردن بۆ مردن

٣٤ئینجا خەڵکەکە و قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: «ئەگەر یەکێك ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت. ٣٥ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، ژیانی دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ژیانی ڕزگار دەکات. ٣٦چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ ٣٧یان مرۆڤ بۆ کڕینەوەی خۆی چی دەدات؟ ٣٨ئەوەی لەلای ئەم نەوە داوێنپیس و گوناهبارە شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، کوڕی مرۆڤیش کاتێك بە شکۆی باوکی لەگەڵ فریشتە پیرۆزەکاندا دێتەوە شەرمی پێی دەبێت.»

## شێوە گۆڕانی عیسا

٩ ئینجا پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێك لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مردن ناچێژن هەتا شانشینی خودا نەبینن بە هێزەوە دێتەوە.»

٢دوای شەش ڕۆژ، عیسا پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای لەگەڵ خۆی برد، بە تەنها بردنییە سەر چیایەکی بەرز، لەپێشیان شێوەی گۆڕا. ٣جلەکانی بووە سپییەکی بریسکەدار، سپیتر لەوەی کە هەرکەسێك لە جیهاندا بتوانێت بیکات. ٤ئینجا ئەلیاس و موسایان بۆ دەرکەوت، لەگەڵ عیسادا کەوتنە گفتوگۆ.

٥پەترۆسیش بە عیسای گوت: «ڕابی، پێمان باشە لێرە بین، با سێ کەپر دروستبکەین، یەکێك بۆ تۆ، یەکێك بۆ موسا، یەکێکیش بۆ ئەلیاس.» ٦نەیدەزانی چی دەڵێت، چونکە تۆقیبوون. ٧هەورێکیش هات و سێبەری بەسەریاندا کرد، دەنگێك لە هەورەکەوە

---

[a] ٢٩ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

هات: «ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، گوێی لێ بگرن!»

[٨]کاتێك لەناکاو سەیری دەوروپشتیان کرد، لە عیسا زیاتر کەسیان لەگەڵ خۆیان نەبینی.

[٩]کاتێك لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی پێدان ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، هەتا کوڕی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێتەوە. [١٠]ئەوانیش بابەتەکەیان بۆ خۆیان هێشتەوە و گفتوگۆیان بوو: «هەستانەوە لەنێو مردووان چییە؟»

[١١]پرسیاریان لێکرد: «بۆچی مامۆستایانی تەورات دەڵێن: ”دەبێت یەکەم جار ئەلیاس بێت“؟»

[١٢]عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستە، ئەلیاس دێت و هەموو شتێك ڕێك دەخاتەوە. ئەی چۆن دەربارەی کوڕی مرۆڤ نووسراوە کە دەبێت زۆر ئازار بچێژێت و سووکایەتیی پێ بکرێت؟ [١٣]بەڵام پێتان دەڵێم، ئەلیاس هات و چییان ویست پێیان کرد، هەروەك ئەوەی لەبارەی ئەوەوە نووسراوە.»

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

[١٤]کاتێك گەیشتنە لای قوتابییەکان، خەڵکێکی زۆریان لە دەوروپشتیان بینی و مامۆستایانی تەوراتیش دەمەقاڵێیان لەگەڵ دەکردن. [١٥]کە هەموو خەڵکەکە عیسایان بینی یەکسەر سەرسام بوون، ڕایانکرد و سڵاویان لێکرد.

[١٦]عیسا لێی پرسین: «لەبارەی چی دەمەقاڵێیان لەگەڵ دەکەن؟»

[١٧]یەکێك لە خەڵکەکە وەڵامی دایەوە: «مامۆستا، کوڕەکەم هێناوەتە لات، ڕۆحێکی لاڵی هەیە. [١٨]لەکوێ بیگرێت، بە زەویدا دەدات، دەمی کەف دەکات و ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و ڕەق دەبێت. داوام لە قوتابییەکانت کرد دەریبکەن، بەڵام نەیانتوانی.»

[١٩]عیسا وەڵامی دانەوە: «ئەی نەوەی بێباوەڕ، هەتا کەی لەگەڵتان بم؟ هەتا کەی بەرگەتان بگرم؟ منداڵەکە بهێننە لام.»

[٢٠]ئەوانیش هێنایانە لای. کە ڕۆحە پیسەکە عیسای بینی، دەستبەجێ منداڵەکە فێی لێهات و کەوتە سەر زەوی، دەگەوزی و کەف لە دەمیەوە دەهات.

[٢١]عیسا لە باوکی منداڵەکەی پرسی: «لە کەیەوە وای لێهاتووە؟»

گوتی: «لە منداڵییەوە. [٢٢]زۆر جاریش خستوویەتییە ناو ئاگر و ناو ئاوەوە تاکو لەناوی ببات. ئەگەر دەتوانیت شتێك بکەیت، بەزەییت پێمان بێتەوە و یارمەتیمان بدە.»

[٢٣]عیسا پێی فەرموو: «”ئەگەر دەتوانیت“؟ ئەوەی باوەڕ بهێنێت هەموو شتێکی بۆ دەبێت.»

[٢٤]یەکسەر باوکی منداڵەکە هاواری کرد: «باوەڕم هەیە، یارمەتی بێباوەڕیم بدە!»

[٢٥]عیسا کە بینی خەڵکەکە ڕاکەڕاکەیانە، لە ڕۆحە پیسەکەی ڕاخوڕی: «ئەی ڕۆحی کەڕولاڵ، فەرمانت پێ دەکەم، لێی وەرە دەرەوە و نەچیتەوە ناوی!»

[٢٦]ئینجا ڕۆحە پیسەکە هاواری کرد و بە توندی فێی لێهێنا و لێی هاتە دەرەوە. کوڕەکە وەك مردووی لێ هات، تەنانەت زۆر کەس گوتیان: «مرد.» [٢٧]بەڵام عیسا دەستی گرت و هەڵیستاندەوە، ئەویش ڕاوەستا.

[٢٨]عیسا چووەوە ماڵ، قوتابییەکانی بە تەنها لێیان پرسی: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەریبکەین؟»

[٢٩]پێی فەرموون: «ئەم جۆرە بە نوێژ نەبێت دەرناکرێت.»

## دووەم باسی مردنی عیسا

[٣٠]لەوێ ڕۆیشتن و بە جەلیلدا تێپەڕین، عیساش نەیویست کەس بزانێت، [٣١]چونکە قوتابییەکانی فێردەکرد و پێی دەفەرموون: «کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵك و دەیکوژن، دوای کوشتنی بە سێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە.» [٣٢]بەڵام ئەوان لە قسەکە تێنەگەیشتن و ترسان لێی بپرسن.

## کێ پایەبەرزترە؟

[٣٣]ئینجا هاتنە کەفەرناحوم. کە گەیشتە ماڵەوە، لێی پرسین: «لە ڕێگا گفتوگۆی چیتان

دەکرد؟» [٣٤]بەڵام ئەوان بێدەنگ بوون، چونکە لە ڕێگا مشتومڕیان لەگەڵ یەکتر کرد کە کامیان پایەبەرزترە.

[٣٥]عیسا دانیشت و دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، پێی فەرموون: «ئەگەر یەکێك ویستی یەکەم بێت، با لەدوای هەمووان و خزمەتکاری هەمووان بێت.»

[٣٦]ئینجا منداڵێکی هێنا و لەناوەڕاستیاندا ڕایگرت، گرتییە باوەشی و پێی فەرموون: [٣٧]«ئەوەی بە ناوی منەوە پێشوازی لە یەکێك لەم منداڵانە بکات، پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازیم لێ بکات، پێشوازی لە من ناکات، بەڵکو لەوەی ناردوومی.»

## ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە

[٣٨]یۆحەنا پێی گوت: «مامۆستا، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسی دەردەکرد، ئێمەش ڕێمان لێ گرت، چونکە دوامان ناکەوێت.»

[٣٩]عیسا فەرمووی: «ڕێی لێ مەگرن، کەس نییە بە ناوی منەوە پەرجوو بکات و بتوانێت لەدوای ماوەیەکی کورت بە خراپە باسم بکات، [٤٠]چونکە ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە. [٤١]ئەوەی بە ناوی منەوە جامێك ئاوی پێدان، لەبەر ئەوەی هی مەسیحن، ڕاستیتان پێ دەڵێم پاداشتی ون نابێت.

## کۆسپ دروستکردن

[٤٢]«ئەوەی ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە ملیەوە هەڵبواسرێت و فڕێبدرێتە دەریاوە. [٤٣]ئەگەر دەستت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە. بۆ تۆ باشترە بە یەك دەستەوە بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە دۆزەخ، ناو ئاگرێك کە کوژانەوەی بۆ نییە. [٤٤][لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.] [٤٥]ئەگەر پێت بۆت بووە کۆسپ، بیبڕەوە. بۆ تۆ باشترە بە یەك پێیەوە بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی دوو پێت هەبێت و فڕێبدرێیتە ناو دۆزەخ. [٤٦][لەوێ کرمەکانیان نامرن و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.] [٤٧]ئەگەر چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە. بۆ تۆ باشترە بە یەك چاو بچیتە ناو شانشینی خوداوە لەوەی دوو چاوت هەبێت و فڕێبدرێیتە ناو دۆزەخ.

[٤٨]«﴿لەوێ کرمەکانیان نامرن و
ئاگرەکە ناکوژێتەوە.﴾[a]

[٤٩]هەموو کەسێك بە ئاگر سوێر دەکرێت.

[٥٠]«خوێ باشە، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێری دەکەنەوە؟ با خوێتان تێدابێت و لەگەڵ یەکتری لە ئاشتیدا بن.»

## تەڵاقدان

**١٠** ئینجا عیسا ئەوێی بەجێهێشت و هاتە هەرێمی یەهودیا و ئەوبەری ڕووباری ئوردون. دیسان خەڵك لێی کۆبوونەوە، وەك نەریتی خۆی فێری دەکردن.

[٢]هەندێك فەریسی هاتن و بۆ تاقیکردنەوە پرسیاریان لێی کرد: «ئایا دروستە مێرد ژنەکەی تەڵاق بدات؟»

[٣]وەڵامی دایەوە: «موسا فەرمانی چی پێ کردوون؟»

[٤]گوتیان: «موسا ڕێی داوە تەڵاقنامە بنووسرێت و تەڵاق بکەوێت.»

[٥]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «لەبەر دڵڕەقیتان ئەم ڕاسپاردەیەی بۆ نووسین. [٦]بەڵام لە سەرەتای بەدیهێنانەوە، خودا ﴿بە نێر و مێ بەدیهێنان.﴾[b] [٧]﴿لەبەر ئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، [٨]ئیتر هەردووکیان دەبنە یەك جەستە.﴾[c] کەواتە چیتر دوو نین، بەڵکو یەك جەستەن. [٩]لەبەر ئەوە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە.»

---

[a] ٤٨ ئیشایا ٦٦:٢٤

[b] ٦ پەیدابوون ١:٢٧.

[c] ٨ پەیدابوون ٢:٢٤.

[١٠]لە ماڵەوەش، قوتابییەکان دیسان لەم بارەیەوە لێیان پرسی. [١١]پێی فەرموون: «ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی بەرامبەری دەکات. [١٢]ئەگەر ژن مێردەکەی تەڵاق بدات و مێرد بە یەکێکی دیکە بکات، ئەوا داوێنپیسی دەکات.»

## شانشینی ئاسمان بۆ منداڵانە

[١٣]خەڵکی منداڵیان هێنایە لای عیسا تاوەکو دەستیان لەسەر دابنێت[a]. بەڵام قوتابییەکان سەرزەنشتیان کردن. [١٤]کە عیسا ئەمەی بینی، تووڕە بوو، پێی فەرموون: «لێگەڕێن منداڵان بێنە لام، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە شانشینی خودا هی وەك ئەمانەیە. [١٥]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەك منداڵێك شانشینی خودا قبوڵ نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە.» [١٦]منداڵەکانیشی لە باوەش کرد، دەستی لەسەر دانان و بەرەکەتی پێدان.

## گەنجە دەوڵەمەندەکە

[١٧]کاتێك عیسا خەریك بوو دەڕۆیشت، پیاوێك بە پەلە بەرەو ڕووی هات، کڕنۆشی بۆ برد و لێی پرسی: «مامۆستای باش، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات بگرم؟»

[١٨]عیسا پێی فەرموو: «بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟ بێجگە لە خودا کەس باش نییە. [١٩]ڕاسپاردەکان دەزانیت: ﴿مەکوژە، داوێنپیسی مەکە، مەدزە، شایەتی درۆ مەدە، قۆڵبڕی مەکە، ڕێزی دایك و باوکت بگرە.﴾[b]»

[٢٠]ئەویش پێی گوت: «مامۆستا، لە مێردمنداڵییەوە هەموو ئەمانەم پاراستووە.»

[٢١]عیسا سەیری کرد و خۆشی ویست، پێی فەرموو: «شتێکت کەمە، بڕۆ چیت هەیە هەمووی بفرۆشە و بیدە بە هەژاران، بەمە گەنجینەیەکت لە ئاسماندا دەبێت، ئینجا وەرە دوام بکەوە.»

[٢٢]بەم قسەیە دڵی خورپەی کرد، بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو.

[٢٣]عیسا سەیری دەوروپشتی کرد و بە قوتابییەکانی فەرموو: «چوونە ناوەوەی شانشینی خودا بۆ دەوڵەمەند چەند سەختە!»

[٢٤]قوتابییەکان لە قسەکانی سەرسام بوون، بەڵام عیسا دیسان پێی فەرموون: «کوڕینە، چوونەناو شانشینی خودا چەند سەختە! [٢٥]ئاسانترە وشترێك بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێك بچێتە ناو شانشینی خوداوە.»

[٢٦]جا زیاتر سەرسام بوون و بە یەکتریان گوت: «کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟»

[٢٧]عیساش سەیری کردن و فەرمووی: «لەلای مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا نا، چونکە لەلای خودا هەموو شتێك دەبێت.»

[٢٨]پەترۆس دەستی پێکرد و گوتی: «ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێك هێناوە و دوات کەوتووین.»

[٢٩]عیسا فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: کەس نییە ماڵ یان برا یان خوشك یان دایك یان باوك یان منداڵ یان کێڵگەی لە پێناوی من و مزگێنییەکەم بەجێهێشتبێت، [٣٠]ئێستا لەم دنیایە سەد ئەوەندە وەرنەگرێتەوە لە ماڵ و برا و خوشك و دایك و منداڵ و کێڵگە لەگەڵ چەوسانەوە، لەو دنیاش ژیانی هەتاهەتایی. [٣١]بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین.»

## سێیەم باسی مردنی عیسا

[٣٢]بە ڕێگاوە بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوتن، عیسا پێشیان کەوتبوو، قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، ئەوانەی دوای دەکەوتن دەترسان. دیسان دوازدە قوتابییەکەی دابڕی و دەستی کرد بە باسکردنی ئەو شتانەی کە بەسەری دێت. [٣٣]فەرمووی: «ئەوا بۆ ئۆرشەلیم سەردەکەوین، کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات، بڕیاری مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست

[a] ١٣ مەبەست لە دەست لەسەر دانان، بەرەکەتدارکردنە.

[b] ١٩ دەرچوون ٢٠:١٢ و دواوتار ٥:١٦،٢٠.

نەتەوەکان، [٣٤]گاڵتەی پێ دەکەن و تفی لێدەکەن
و بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی
سێیەمیش هەڵدەستێتەوە.»

## خزمەتکار پایەبەرزترە

[٣٥]یاقوب و یۆحەنای کوڕەکانی زەبدی هاتنە لای
و پێیان گوت: «مامۆستا، دەمانەوێت هەرچی داوای
دەکەین بۆمان بکەیت.»
[٣٦]ئەویش پێی فەرموون: «چیتان دەوێت بۆتان
بکەم؟»
[٣٧]وەڵامیان دایەوە: «کاتێك لەسەر تەختی
شکۆمەندییەکەت دانیشتیت، پێمان ڕەوا ببینە
یەکێکمان لەلای ڕاستت و یەکێکمان لەلای چەپت
دابنیشین.»
[٣٨]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «نازانن داوای چی
دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من
دەیخۆمەوە؟ ئایا دەتوانن بەو ئازارەدا تێبپەڕن کە
من پێیدا تێدەپەڕم[a]؟»
[٣٩]وەڵامیان دایەوە: «دەتوانین.» عیساش پێی
فەرموون: «ئەو جامەی من دەیخۆمەوە، ئێوەش
دەیخۆنەوە، بەو شێوەیەی من بە ئازاردا تێدەپەڕم،
ئێوەش پێیدا تێدەپەڕن. [٤٠]بەڵام دانیشتن لەلای
ڕاست و چەپمەوە، هی من نییە تاکو بیبەخشم.
ئەو شوێنانە هی ئەو کەسانەیە کە بۆیان ئامادە
کراون.»
[٤١]کاتێك دە قوتابییەکە بیستیان، لە یاقوب و
یۆحەنا توورە بوون، [٤٢]بەڵام عیسا بانگی کردن و پێی
فەرموون: «دەزانن ئەوانەی بە سەرۆکی نەتەوەکان
دادەنرێن وەك میر فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن
و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا جێبەجێ
دەکەن. [٤٣]بەڵام لەنێو ئێوە ئاوا نابێت، ئەوەی
دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە
خزمەتکارتان. [٤٤]ئەوەش کە دەیەوێ لەنێوتاندا
ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەی هەمووتان، [٤٥]چونکە
کوڕی مرۆڤیش نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت،
بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ
کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر.»

## عیسا کەسێکی نابینا چاك دەکاتەوە

[٤٦]ئینجا گەیشتنە شاری ئەریحا. لەو کاتەی خۆی
و قوتابییەکانی و خەڵکێکی زۆر لە شارەکە هاتنە
دەرەوە، سواڵکەرێکی نابینا بە ناوی بارتیماوس کە بە
واتای کوڕی تیماوس دێت، لەسەر ڕێگا دانیشتبوو.
[٤٧]کە بیستی ئەوە عیسای ناسیرەییە، هاواری کرد:
«عیسای کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!»
[٤٨]زۆر کەس ئەویان سەرزەنشت کرد تاکو بێدەنگ
بێت. بەڵام زۆر بەرزتر هاواری دەکرد: «کوڕی داود،
بەزەییت پێمدا بێتەوە!»
[٤٩]عیسا ڕاوەستا، فەرمووی: «بانگی بکەن.»
ئەوانیش نابیناکەیان بانگکرد و پێیان گوت: «ورەت
بەرز بێت! هەستە، بانگت دەکات.» [٥٠]ئیتر کەواکەی
فڕێدا و هەستایەوە، هاتە لای عیسا.
[٥١]عیسا لێی پرسی: «چیت دەوێ بۆت بکەم؟»
نابیناکە پێی گوت: «ڕابی، با ببینم.»
[٥٢]عیساش پێی فەرموو: «بڕۆ! باوەڕەکەت تۆی
چاککردەوە.» دەستبەجێ بینایی بۆ گەڕایەوە و بە
ڕێگادا دوای عیسا کەوت.

## کەژاوەی پاشایانە

١١ کاتێك لە ئۆرشەلیم نزیك بوونەوە، لە
بێتفاجی و بێتعەنیا لەلای کێوی
زەیتوون، عیسا دووان لە قوتابییەکانی نارد، [٢]پێی
فەرموون: «بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، کاتێك
دەچنە ناوی، دەبینن جاشکێك بەستراوەتەوە هەتا
ئێستا کەس سواری نەبووە، بیکەنەوە و بیهێنن.
[٣]ئەگەر یەکێك لێی پرسین: ”بۆ ئەمە دەکەن؟“ بڵێن:
”گەورەمان پێویستی پێیەتی، ئینجا زوو دەینێرێتەوە
بۆ ئێرە.“»
[٤]چوون و لە شەقامەکە بینییان جاشکێك لە
دەرگای دەرەوە بەستراوەتەوە، ئەوانیش کردیانەوە.
[٥]هەندێك کەس لەوێ ڕاوەستابوون، لێیان پرسین:

[a] ٣٨ مەبەستی لە لەخاچدانە.

«چی دەکەن، جاشکەکە دەکەنەوە؟» [٦]وەك عیسا
پێی فەرمووبوون وەڵامیان دایەوە، ئیتر ڕێگایان دان.
[٧]جاشکەکەیان بۆ عیسا هێنا و کەواکانیان خستە
سەری، ئەویش سواری بوو. [٨]زۆریش کەواکانیان
لەسەر ڕێگاکە ڕاخست، هەندێکیش لە باخەکان
لقەداریان بڕیبووەوە. [٩]ئەوانەی لەپێشییەوە و
ئەوانەش کە لەدوایەوە دەڕۆیشتن، هاواریان دەکرد:

«﴿هۆسانا![a] پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە
دێت!﴾[b]»

[١٠]«پیرۆزە ئەو شانشینەی داودی باوکمان کە
دێت!»

«هۆسانا بۆ خودا!»

[١١]عیسا چووە ناو ئۆرشەلیم بۆ ناو حەوشەکانی
پەرستگا، تەماشای هەموو شتێکی دەوروبەری کرد،
بەڵام لەبەر ئەوەی کاتەکە درەنگ داهات، لەگەڵ
دوازدە قوتابییەکە چوونە دەرەوەی شار بۆ گوندی
بێتعەنیا.

## دار هەنجیری بێ بەر

[١٢]بۆ بەیانی کە بێتعەنیایان بەجێهێشت،
عیسا برسی بوو. [١٣]لە دوورەوە دار هەنجیرێکی
بینی گەڵای کردبوو، ڕووی تێکرد تاکو شتێکی پێوە
ببینێت. گەیشتە لای و لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە
نەبینی، چونکە وەرزی هەنجیر نەبوو. [١٤]ئینجا پێی
فەرموو: «ئیتر هەرگیز کەس لە بەرت ناخوات.»
قوتابییەکانیشی گوێیان لێبوو.

## پاککردنەوەی پەرستگا

[١٥]هاتنە ئۆرشەلیم و عیسا چووە ناو حەوشەکانی
پەرستگا و دەستی کرد بە دەرکردنی ئەوانەی لەوێ
خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، مێزی پارەگۆڕەوان
و کورسی کۆترفرۆشانی وەرگێڕا. [١٦]نەیدەهێشت
کەس بە شتومەکەوە بە ناو حەوشەکانی پەرستگادا
تێبپەڕێت. [١٧]فێری دەکردن و دەیفەرموو: «ئایا
نەنووسراوە:

«﴿ماڵەکەم بە ماڵی نوێژ ناودەبردرێت بۆ
هەموو گەلان﴾[c]؟
بەڵام ئێوە کردووتانە بە ﴿ئەشکەوتی
دزان!﴾[d]»

[١٨]کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات گوێیان
لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن، چونکە
لێی دەترسان لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە لە
فێرکردنەکانی سەرسام ببوون.
[١٩]کاتێك ئێوارە داهات، عیسا و قوتابییەکانی
چوونە دەرەوەی شار.

## دەربارەی هێزی باوەڕ

[٢٠]بەیانی بەوێدا تێدەپەڕین، دار هەنجیرەکەیان
بینی لە ڕەگەوە وشك بووە. [٢١]پەترۆس بیری کەوتەوە
و گوتی: «ڕابی، سەیر بکە! دار هەنجیرەکەی
نەفرەتت لێکرد، وشك بووە!»
[٢٢]عیسا وەڵامی دایەوە: «باوەڕتان بە خودا
هەبێت. [٢٣]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی بەم کێوە بڵێت
”هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە،“ لە دڵدا گومان
نەکات، بەڵکو باوەڕ بکات ئەوەی دەیڵێت دەبێت،
ئەوا بۆی دەبێت. [٢٤]لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: هەموو
ئەوەی داوای دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕ بکەن
کە وەرتانگرتووە، بۆتان دەبێت. [٢٥]کاتێك دەوەستن
نوێژ بکەن، ئەگەر شتێکتان بەسەر یەکێکەوە هەبێت
لێی خۆشبن، تاکو باوکیشتان ئەوەی کە لە ئاسمانە
لە گوناهەکانتان خۆشبێت. [٢٦][بەڵام ئەگەر ئێوە لێ
خۆش نەبن، باوکی ئاسمانیشتان لە گوناهەکانتان
خۆش نابێت.]»

[a] ٩ بڕوانە مەتا ٩:٢١.
[b] ٩ زەبوورەکان ٢٦،٢٥:١١٨.
[c] ١٧ ئیشایا ٧:٥٦.
[d] ١٧ یەرمیا ١١:٧.

## دەسەڵاتی عیسا

[٢٧]دیسان هاتنەوە ئۆرشەلیم، عیسا لە حەوشەکانی پەرستگا پیاسەی دەکرد، کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات و پیران هاتنە لای و [٢٨]لێیان پرسی: «ئەمانە بە چ دەسەڵاتێك دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە ئەم شتانە بکەیت؟»

[٢٩]عیسا پێی فەرموون: «پرسیارێکتان لێ دەکەم، وەڵامم بدەنەوە، منیش پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم: [٣٠]لەئاوهەڵکێشانی یەحیا لە ئاسمانەوە بوو یان لە مرۆڤەوە؟ وەڵامم بدەنەوە!»

[٣١]لەنێو خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژکردن، گوتیان: «ئەگەر بڵێین: ”لە ئاسمانەوە بوو،“ دەڵێت: ”بۆچی باوەڕتان پێی نەکرد؟“ [٣٢]بەڵام ئەگەر بڵێین: ”لە مرۆڤەوە بوو“...» لە خەڵك دەترسان، چونکە یەحیا لەلای هەمووان بەڕاستی بە پێغەمبەر دادەنرا.

[٣٣]ئینجا وەڵامی عیسایان دایەوە: «نازانین.» عیساش پێی فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم.»

## نموونەی ڕەزەوانە کرێگرتەکان

١٢ دەستی پێکرد بە نموونە قسەیان بۆ بکات: «کابرایەك ڕەزێکی چاند، دەوروپشتەکەی پەرژین کرد، چاڵێکی بۆ ترێ گوشین هەڵکەند و قوللەیەکی چاودێری بنیاد نا. بە ڕەزەوانانی سپارد و گەشتی کرد. [٢]لە وەرزی خۆیدا خزمەتکارێکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو بەرهەمی ڕەزەکە لە ڕەزەوانەکان وەربگرێت. [٣]بەڵام گرتییان و لێیاندا و بە دەستی بەتاڵ ناردیانەوە. [٤]دیسان خزمەتکارێکی دیکەی بۆ ناردن، سەری ئەمیشیان شکاند و سووکایەتییان پێ کرد. [٥]یەکێکی دیکەشی نارد، ئەویشیان کوشت. زۆر خزمەتکاری دیکەشی نارد، لە هەندێکیان دا و هەندێکیان کوشت.

[٦]«یەکێکی مابوو، کوڕە خۆشەویستەکەی، لە کۆتاییدا ئەویشی بۆ لایان نارد، گوتی: ”ڕێزی کوڕەکەم دەگرن.“

[٧]«بەڵام ئەو ڕەزەوانانە بە یەکتریان گوت: ”ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین، تاکو ببینە میراتگر.“ [٨]ئینجا گرتیان و کوشتیان و فڕێیان دایە دەرەوەی ڕەزەکە.

[٩]«خاوەنی ڕەزەکە چی دەکات؟ دێت و ڕەزەوانەکان لەناودەبات و ڕەزەکە دەداتە خەڵکی دیکە. [١٠]ئەم نووسراوە پیرۆزەتان نەخوێندووەتەوە:

«﴿ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە،
بوو بە گرنگترین بەردی بناغە[a].
[١١]ئەمە لەلایەن یەزدانەوە بوو،
لەبەرچاومان سەیرە﴾[b]؟»

[١٢]کاهینانی باڵا دەیانویست بیگرن، چونکە زانییان نموونەکەی لەسەر ئەوان فەرمووە، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، ئیتر وازیان لێ هێنا و ڕۆیشتن.

## سەرانەدان بە قەیسەر

[١٣]کاهینانی باڵا هەندێك لە فەریسییەکان و هێرۆدسییەکانیان[c] ناردە لای عیسا، تاکو بە وشەیەکی تووشی بکەن. [١٤]هاتن و پێیان گوت: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت، گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەماشای ڕووی خەڵك ناکەیت، بەڵکو بە ڕاستی ڕێگای خودا فێر دەکەیت. دروستە سەرانە بدرێتە قەیسەر یان نا؟ بیدەین یان نا؟»

[١٥]بەڵام عیسا بە دووڕوویی ئەوانی زانی و پێی فەرموون: «بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ دینارێکم بۆ بهێنن با ببینم.» [١٦]هێنایان و پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.»

[١٧]عیساش پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.» ئینجا لێی سەرسام بوون.

---

[a] ١٠ بەردێکی گەورەیە کە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت، لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

[b] ١١ زەبوورەکان ١١٨:٢٢،٢٣.

[c] ١٣ بڕوانە مەتا ٢٢:١٦.

## زیندووبوونەوەی مردووان

[١٨]سەدوقییەکان[a]، ئەوانەی کە دەڵێن هەستانەوە نییە، هاتنە لای و پرسیاریان لێکرد: [١٩]«مامۆستا، موسا بۆی نووسیوین[b]، ئەگەر یەکێك براکەی بە وەجاخکوێری مرد و ژنەکەی لەپاش خۆی بەجێهێشت، ئەوا براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی دەخاتەوە. [٢٠]حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە وەجاخکوێری مرد. [٢١]دووەم خواستییەوە و بە وەجاخکوێری مرد، سێیەمیش ئاوا. [٢٢]هەر حەوتەکە وەجاخکوێر بوون، لەدوای هەموویان ژنەکەش مرد. [٢٣]لە هەستانەوەدا، ژنەکە بۆ کامیان دەبێت؟ چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە.»

[٢٤]عیساش پێی فەرموون: «ئایا ئێوە هەڵە نین، چونکە نە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەزانن و نە هێزی خودا؟ [٢٥]کاتێك لە مردن هەڵدەستێنرێنەوە، نە ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو وەك فریشتە لە ئاسمان دەبن. [٢٦]بەڵام دەربارەی مردووان کە هەڵدەستنەوە، ئایا لە پەڕتووکی موسادا نەتانخوێندووەتەوە، چۆن لە دەوەنەکەدا خودا پێی فەرموو: ﴿من خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم﴾؟[c] [٢٧]ئەو خودای مردووان نییە، بەڵکو هی زیندووانە. زۆر بە هەڵەدا چوونە!»

## گەورەترین ڕاسپاردە

[٢٨]یەکێك لە مامۆستایانی تەورات هات، گوێی لێیان بوو گفتوگۆیان دەکرد، بینی عیسا وەڵامێکی باشی دانەوە، لێی پرسی: «چ ڕاسپاردەیەك لە هەموویان گرنگترە؟»

[٢٩]عیسا وەڵامی دایەوە: «لە هەموویان گرنگتر ئەمەیە: ﴿ئەی ئیسرائیل گوێ بگرن، یەزدانی پەروەردگارمان یەك یەزدانە، [٣٠]جا بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و بە هەموو تواناتانەوە یەزدانی پەروەردگارتان خۆشبوێ.﴾[d] [٣١]لەدوای ئەویش ئەمەیە، ﴿نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت،﴾[e] هیچ ڕاسپاردەیەك لەم دوو ڕاسپاردەیە گرنگتر نییە.»

[٣٢]مامۆستای تەوراتەکەش پێی گوت: «ڕاستە مامۆستا، ڕاستت فەرموو کە یەك خودا هەیە و بێجگە لە ئەو هیچ خودایەکی دیکە نییە. [٣٣]خۆشویستنی ئەویش بە هەموو دڵ و بە هەموو تێگەیشتن و بە هەموو تواناوە، هەروەها خۆشویستنی نزیك وەك خۆت، لە هەموو قوربانی سووتاندن و سەربڕدراوەکان باشترە.»

[٣٤]عیسا بینی بە دانابییەوە وەڵامی دایەوە، پێی فەرموو: «لە پاشایەتی خوداوە دوور نیت.» ئیتر کەس نەیوێرا هیچ پرسیارێکی دیکەی لێ بکات.

## مەسیح و داود

[٣٥]کاتێك عیسا لە حەوشەکانی پەرستگا خەڵکی فێر دەکرد فەرمووی: «مامۆستایانی تەورات چۆن دەڵێن: "مەسیح کوڕی داودە"؟ [٣٦]داود خۆی بە ڕۆحی پیرۆزەوە گوتی:

«﴿یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:
"لە دەستەڕاستم دابنیشە
هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت."﴾[f]

[٣٧]داود خۆی پێی دەڵێ "خاوەن شکۆ"، ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟»

خەڵکەکە زۆر بە خۆشییەوە گوێیان لێی دەگرت.

[٣٨]لە فێرکردنەکەیدا دەیفەرموو: «ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن، حەز دەکەن بە جلی شۆڕەوە بگەڕێن و پێیان خۆشە لە بازاڕدا سڵاویان لێ بکرێت، [٣٩]لە کەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە بگرن

[a] ١٨ چینێکی جولەکە بوون کە زۆربەیان کاهین بوون، باوەڕیان بە فریشتە و هەستانەوە نەبوو.
[b] ١٩ بڕوانە دواوتار ٢٥:٥-١٠.
[c] ٢٦ دەرچوون ٣:٦.
[d] ٣٠ دواوتار ٦:٤، ٥.
[e] ٣١ لێڤییەکان ١٩:١٨.
[f] ٣٦ زەبوورەکان ١١٠:١.

و لە ڕیزی سەرەوەی میوانداری بن. ٤٠ماڵی بێوەژن
هەڵدەلووشن و بۆ خۆدەرخستن نوێژەکانیان درێژ
دەکەنەوە. ئەمانە سزایان گەورەترە.»

## بەخشینی بێوەژن

٤١عیسا بەرامبەر گەنجینە دانیشت و سەیری کرد
چۆن خەڵکی پارەیان دەخەنە ناو گەنجینەکەوە،
زۆرێك لە دەوڵەمەندەکان پارەی زۆریان دادەنا.
٤٢بێوەژنێکی هەژار هات و دوو فلسی دانا کە نیو
عانەیە[a].
٤٣قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: «ڕاستیتان
پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە، لە هەموو ئەوانەی
دیکە پارەی زیاتر خستە ناو گەنجینەکە، ٤٤چونکە
هەموو لە زیادەی خۆیان بەخشیان، بەڵام ئەم
بێوەژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێوییەکەی
بەخشی.»

## نیشانەکانی کۆتایی سەردەم

١٣ کاتێك عیسا لە پەرستگا دەهاتە دەرەوە،
یەکێك لە قوتابییەکانی پێی گوت: «مامۆستا
تەماشا بکە! چ جۆرە بەرد و چ جۆرە تەلارێکن!»
٢عیساش پێی فەرموو: «ئەم تەلارە مەزنانە
دەبینیت؟ بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە
نەڕووخێت.»
٣کاتێك عیسا لەسەر کێوی زەیتوون بەرامبەر
پەرستگاکە دانیشتبوو، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنا
و ئەندراوس بە تەنها لێیان پرسی: ٤«پێمان بڵێ
کەی ئەمانە ڕوودەدەن؟ و نیشانە چییە کە خەریکە
هەموو ئەمانە تەواو بن؟»
٥عیسا وەڵامی دانەوە: «ئاگاداربن، کەس
چەواشەتان نەکات. ٦زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن
و دەڵێن، ”من ئەوم.“ زۆر کەس چەواشە دەکەن.
٧کاتێك جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن
مەتۆقن. دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا
کۆتایی نییە. ٨نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە
و شانشین لە شانشین، لە زۆر شوێن بوومەلەرزە
ڕوودەدات، هەروەها قاتوقڕی، بەڵام ئەمە
دەستپێکی ژانەکانە.
٩«ئاگاداری خۆتان بن، چونکە دەتاندەنە دادگا
و کەنیشتەکان، جا لێتان دەدرێت و لەبەردەم
فەرمانڕەوا و پاشاکان لە پێناوی من ڕادەوەستێنرێن،
وەك شایەتی بۆیان. ١٠هەروەها دەبێ یەکەم جار
مزگێنییەکەم بە هەموو نەتەوەکان ڕابگەیەنرێت.
١١کاتێکیش دەتانبەن بۆ ئەوەی بەدەستەوەتان بدەن،
پێشوەخت نیگەران مەبن لەوەی چی بڵێن، بەڵکو
لەو کاتەدا چیتان دەدرێتێ بەوە بدوێن، چونکە ئێوە
نین دەدوێن، بەڵکو ڕۆحی پیرۆزە.
١٢«برا برای خۆی بۆ مردن بە گرتن دەدات،
باوکیش منداڵی خۆی، منداڵان لە دایك و باوکیان
هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن. ١٣لەبەر ناوی من
هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی تاکو
کۆتایی دانبەخۆدا بگرێت، ڕزگاری دەبێت.

## گەورەترین تەنگانە

١٤«کاتێك ﴿قێزەونی وێرانکەر﴾[b] دەبینن لەو
جێگایە ڕاوەستاوە کە نابێت لێی بێ، با خوێنەر
تێبگات، ئینجا با ئەوانەی لە یەهودیان ڕابکەنە
چیاکان، ١٥ئەوەی لە سەربانە، با نەیەتە خوارەوە و
نەچێتە ژوورەوە تاکو شتێك لە ماڵەکەی هەڵبگرێت،
١٦هەروەها ئەوەی لە کێڵگەیە با نەگەڕێتەوە تاکو
جلەکەی ببات. ١٧لەو ڕۆژانەدا قوڕبەسەر دووگیان و
شیردەران! ١٨نوێژ بکەن تاکو ئەوە لە زستاندا نەبێت،
١٩چونکە لەو ڕۆژانەدا تەنگانەیەك ڕوودەدات، لە
سەرەتای بەدیهێنراوانەوە کە خودا بەدیهێنان، هەتا
ئێستا ئاوا نەبووە و نابێت.
٢٠«ئەگەر پەروەردگار ئەو ڕۆژانەی کورت
نەکردایەوە، کەس ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی
ئەو هەڵبژێردراوانەی[c] کە ئەو هەڵیبژاردوون، ئەو
ڕۆژانەی کەم کردووەتەوە. ٢١ئەگەر ئەو کاتە یەکێك

[a] ٤٢ یۆنانی: کودرانتیس. یەك لە ٦٤ بەشی دینارێك.

[b] ١٤ دانیال ٩:٢٧؛ ١١:٣١؛ ١٢:١١

[c] ٢٠ بڕوانە نامەی ڕۆما بەشی ٩ تاکو ١١.

پێی گوتن: “ئەوەتا مەسیح لێرەیە!” یان: “ئەوەتا
لەوێیە!” باوەڕ مەکەن، ٢٢ چونکە مەسیحە درۆزنەکان
و پێغەمبەرانی درۆزن[a] دەردەکەون، نیشانە و
پەرجوو دەکەن، تاکو ئەگەر بکرێ تەنانەت ئەوانەی
هەڵبژێردراون هەڵبخەڵەتێنن. ٢٣ بەڵام ئاگاداربن، ئەوا
پێشوەخت هەموو شتێکم پێ گوتن.

## هاتنەوەی عیسا

٢٤ «بەڵام لەو ڕۆژانەدا، دوای ئەو تەنگانەیە،

«﴿خۆر تاریک دەبێت و
مانگ ڕووناکییەکەی نادات،
٢٥ ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون،
تەنی ئاسمانی دەهەژێن.﴾[b]

٢٦ «ئەوسا کوڕی مرۆڤ دەبینن بە هێزێکی گەورە
و شکۆوە لەناو هەورەوە دێت.[c] ٢٧ ئینجا فریشتەکان
دەنێرێت و ئەوانەی هەڵبژێردراون لە چوار بایەکە[d]
کۆدەکاتەوە، لەم پەڕی زەوییەوە هەتا ئەو پەڕی
ئاسمان.
٢٨ «لە دار هەنجیرەوە پەند وەرگرن، کاتێک
لقەکانی نەرم بوون و گەڵایان کرد، دەزانن هاوین
نزیکە. ٢٩ ئێوەش، کاتێک دەبینن ئەمانە ڕوودەدات،
بزانن کە نزیکە و لە بەردەرگایە. ٣٠ ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئەم نەوەیە بەسەرناچێت هەتا هەموو
ئەمانە نەیەنە دی. ٣١ ئاسمان و زەوی بەسەردەچن،
بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.

## کەس ئەو کاتە نازانێت

٣٢ «سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت،
نە فریشتەکان کە لە ئاسمانن و نە کوڕەکە، باوک
نەبێت. ٣٣ کەواتە ئاگاداربن و ئێشک بگرن چونکە
نازانن کەی ئەو کاتە دێت. ٣٤ وەك پیاوێك گەشتی
کردبێت، ماڵەکەی بەجێهێشتبێت و دەسەڵاتی دابێتە
کۆیلەکانی، هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی
ڕاسپاردبێت ئێشك بگرێت.
٣٥ «لەبەر ئەوە ئێشك بگرن، چونکە نازانن کەی
گەورەی ماڵ دەگەڕێتەوە، ئێوارە یان نیوەی شەو،
یان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێر، یان بەیانی. ٣٦ نەوەك
لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت خەوتوون. ٣٧ جا
ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشك
بگرن!»

## پیلانێك بۆ کوشتنی عیسا

١٤ جەژنی پەسخە و فەتیرە دوو ڕۆژی مابوو،
کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات
دەگەڕان بە فێڵێك عیسا بگرن و بیکوژن، ٢ گوتیان:
«بەڵام نەك لە جەژندا، نەوەك ئاژاوە بکەوێتە ناو
خەڵك.»

## ئامادەکردنی عیسا بۆ ناشتن

٣ کاتێك عیسا لە گوندی بێتعەنیا بوو، لە ماڵی
شیمۆنە گول لەسەر خوان بوو، ژنێك هات بوتڵێکی
ئەلەباستەریی[e] بۆنی ناردینی بێگەردی گرانبەهای
پێبوو، بوتڵەکەی شکاند و بەسەریدا ڕژاند.
٤ بەڵام هەندێك زویر بوون و بە یەکتریان گوت:
«بۆچی بۆنەکە ئاوا بەفیڕۆ درا؟ ٥ دەتوانرا ئەم بۆنە
بە زیاتر لە سێ سەد دینار بفرۆشرایە و بدرایە
هەژاران.» جا سەرزەنشتی ژنەکەیان کرد.
٦ بەڵام عیسا فەرمووی: «وازی لێ بهێنن. بۆ
بێزاری دەکەن؟ کارێکی چاکی بۆ من کرد. ٧ هەژاران
هەمیشە لەگەڵتانن، کەی ویستتان دەتوانن چاکەیان
لەگەڵ بکەن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.
٨ ئەوەی لە دەستی هات کردی، زوو جەستەی منی
بۆ ناشتن چەورکرد. ٩ ڕاستیتان پێ دەڵێم: لە هەر
شوێنێکی لە جیهاندا ئەم مزگێنییە ڕابگەیەنرێت،

[a] ٢٢ کەسانێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەسیحن یان پێغەمبەرن.
[b] ٢٥ ئیشایا ١٣:١٠؛ ٣٤:٤
[c] ٢٦ بڕوانە دانیال ٧:١٣
[d] ٢٧ بڕوانە مەتا ٢٤:٣١
[e] ٣ لە بەردی ئەلەباستەر دروستکرابوو، ئەم جۆرە بەردە لە میسر هەیە بۆ تاشین ئاسانە و ڕەنگەکەی قاوەییە.

وەك یادكردنەوەیەك باسی ئەوەش دەكرێت كە ئەم
ژنە كردوویەتی.»

## ناپاكی یەهوزا

١٠ یەهوزای ئەسخەریوتی یەكێك بوو لە دوازدە
قوتابییەكە، چوو بۆ لای كاهینانی باڵا تاكو عیسا بە
گرتن بدات. ١١ كاتێك گوێیان لێبوو، دڵخۆش بوون و
بەڵێنیان پێیدا زیوی بدەنێ. جا لە هەلێك دەگەڕا
تاكو بە گرتنی بدات.

## شێوی مەسیح

١٢ ڕۆژێك پێش دەستپێكردنی جەژنی فەتیرە، كە
بەرخی پەسخەیان[a] سەردەبڕی، قوتابییەكانی لە
عیسایان پرسی: «دەتەوێ بچینە كوێ ئامادەكاری
بكەین، تاكو نانی پەسخە بخۆیت؟»
١٣ ئەویش دووان لە قوتابییەكانی نارد، پێی
فەرموون: «بڕۆنە ناو شار، پیاوێك تووشتان دەبێت
گۆزەیەك ئاوی هەڵگرتووە، دوای بكەون. ١٤ لەكوێ
چووە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەكە بڵێن: ”مامۆستا
دەفەرموێ: كوا دیوەخانەكەم تاكو لەگەڵ
قوتابییەكانم نانی پەسخەی تێدا بخۆم؟“ ١٥ ئەویش
لە نهۆمی سەرەوە ژوورێكی گەورەتان پیشان
دەدات، ڕاخراوە و ئامادە كراوە، لەوێ بۆمانی
ئامادە بكەن.»
١٦ قوتابییەكان ڕۆیشتن و هاتنە شار، وەك پێی
فەرموووبوون بینییان و نانی پەسخەیان ئامادە كرد.
١٧ كە ئێوارە داهات، عیسا لەگەڵ دوازدە
قوتابییەكە هات. ١٨ پاڵیاندابووەوە نانیان دەخوارد،
عیسا فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، یەكێكتان وا
لەگەڵم دەخوات، بە گرتنم دەدات.»
١٩ خەم دایگرتن و یەك لەدوای یەك گوتیان: «خۆ
من نیم؟»
٢٠ پێی فەرموون: «یەكێكە لە دوازدەكە، ئەوەی
لەگەڵم دەستی لەناو قاپەكەیە. ٢١ كوڕی مرۆڤ
دەبێت وەكو لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام
قوڕبەسەر ئەوەی كوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدات!
باشتر بوو بۆ ئەو كەسە هەر لەدایك نەبووایە.»
٢٢ كاتێك نانیان دەخوارد، عیسا نانێكی هەڵگرت،
سوپاسی خودای كرد و لەتی كرد، پێیدان و فەرمووی:
«وەرگرن، ئەمە جەستەی منە.»
٢٣ جامێكی هەڵگرت، سوپاسی كرد و پێیدان،
هەموو لێیان خواردەوە.
٢٤ پێی فەرموون: «ئەمە خوێنی منە، خوێنی
پەیمانەكەیە، لە پێناوی خەڵكێكی زۆر دەڕژێت.
٢٥ ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو
ناخۆمەوە، هەتا ئەو ڕۆژە دێت كە سەر لە نوێ لە
شانشینی خودا دەیخۆمەوە.»
٢٦ ئینجا گۆرانی ڕۆحییان[b] گوت و چوون بۆ
دەرەوەی شار بۆ كێوی زەیتوون.

## نكۆڵیكردنی پەترۆس

٢٧ عیسا پێی فەرموون: «هەمووتان پشتم تێ
دەكەن، چونكە نووسراوە:

«﴿لە شوانەكە دەدەم،
مەڕەكان پەرت دەبن.﴾[c]

٢٨ بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەكەوم بۆ
جەلیل.»
٢٩ پەترۆس پێی گوت: «ئەگەر هەموو پشتت لێ
بكەن، من پشتت لێ ناكەم.»
٣٠ عیسا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم: تۆ
ئەمڕۆ، هەر ئەمشەو، پێش ئەوەی دوو جار كەڵەشێر
بخوێنێت، تۆ سێ جار نكۆڵیم لێ دەكەیت.»
٣١ بەڵام پەترۆس زیاتر پێداگری كرد و گوتی:
«ئەگەر لەگەڵیشت بمرم، نكۆڵیت لێ ناكەم.»
هەموو وایان گوت.

[a] ١٢ سەربڕینی بەرخ لە یادی ئەو قوربانییەی لە سەردەمی موسا لە میسردا سەربڕدراوە، بڕوانە دەرچوون ١:١٢-٢٨.

[b] ٢٦ خوێندنەوەی زەبوور لە شێوەی گۆرانی.

[c] ٢٧ زەكەریا ٧:١٣

## نوێژی عیسا لە باخی گەتسیمانی

٣٢چوونە شوێنێك پێی دەگوترا گەتسیمانی، بە قوتابییەکانی فەرموو: «لێرە دانیشن تاکو نوێژ دەکەم.» ٣٣ئەوسا پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای لەگەڵ خۆی برد، هەستی بە دڵگرانی و دڵتەنگی دەکرد. ٣٤پێی فەرموون: «زۆر دڵتەنگم، خەریکە بمرم، لێرە بمێننەوە و شەوارە بگرن.»

٣٥کەمێك دوورکەوتەوە و خۆی خستە سەر زەوی، نوێژی کرد تاکو ئەگەر ببێت کاتەکەی بەسەردا تێپەڕێت. ٣٦فەرمووی: «بابە![a] باوکە، هەموو شتێك بۆ تۆ دەبێت، ئەم جامەم لەسەر لاببە. بەڵام نەك ئەوەی من دەمەوێت، بەڵکو ئەوەی تۆ دەتەوێت.»

٣٧گەڕایەوە بینی نوستوون، بە پەترۆسی فەرموو: «شیمۆن نوستوویت؟ نەتتوانی کاتژمێرێك شەوارە بگریت؟ ٣٨شەوارە بگرن و نوێژ بکەن، نەوەك تاقی بکرێنەوە. ڕۆح چالاکە بەڵام جەستە لاوازە.»

٣٩دیسان ڕۆیشت و نوێژی کرد، هەمان وتەی دووبارە کردەوە. ٤٠دیسان گەڕایەوە بینی نوستوون، چونکە چاویان قورس ببوو، نەیانزانی چۆن وەڵامی بدەنەوە.

٤١سێیەم جار گەڕایەوە، پێی فەرموون: «هێشتا نوستوون و پشوو دەدەن؟ بەسە! کاتەکە هاتووە. ئەوەتا کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست گوناهباران. ٤٢هەستن با بڕۆین، ئەوەتا ئەوەی بە گرتنم دەدات نزیك بووەوە.»

## گرتنی عیسا

٤٣دەستبەجێ، کاتێك هێشتا قسەی دەکرد، یەهوزا یەکێك بوو لە دوازدە قوتابییەکە، گەیشت. کۆمەڵە خەڵکێکی لەگەڵ بوو لەلایەن کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات و پیرانەوە نێردرابوون، شمشێر و داریان پێبوو.

٤٤ئەوەی بە گرتنی دەدا نیشانەیەکی پێدابوون، گوتبووی: «ئەوەی ماچی دەکەم، ئەوە خۆیەتی، بیگرن و بە پاسەوانییەوە ببەن.» ٤٥هەر کە یەهوزا گەیشت، چوو بۆ لای عیسا و گوتی: «ڕابی!»[b] و ماچی کرد. ٤٦ئیتر قۆڵبەستیان کرد و گرتییان. ٤٧بەڵام یەکێك لە ئامادەبووان، شمشێرەکەی هەڵکێشا، لە خزمەتکاری سەرۆك کاهینی دا و گوێی بڕی.

٤٨عیساش پێی فەرموون: «وەك بۆ گرتنی یاخیبووێك بە کوتەك و شمشێرەوە هاتوون بمگرن؟ ٤٩ڕۆژانە لە حەوشەکانی پەرستگا لەگەڵتان بووم خەریکی فێرکردن بووم، نەتانگرتم، بەڵام دەبێت نووسراوە پیرۆزەکان بێنە دی.» ٥٠ئینجا هەموو بەجێیان هێشت و ڕایانکرد.

٥١گەنجێك دوای عیسا کەوت پارچە کەتانێکی لەبەر بوو ڕووتییەکەی داپۆشیبوو. کاتێك ئەویان گرت، ٥٢کەتانەکەی بەجێهێشت و بە ڕووتی ڕایکرد.

## دادگاییکردنی عیسا

٥٣عیسایان بردە لای سەرۆك کاهین، هەموو کاهینانی باڵا و پیران و مامۆستایانی تەورات کۆبوونەوە. ٥٤پەترۆسیش دووربەدوور تاکو ناو حەوشەی سەرۆکی کاهینان دوای کەوت، لەگەڵ خزمەتکاران لەبەردەم ئاگر دانیشتبوو خۆی گەرم دەکردەوە.

٥٥کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدرین بەدوای شایەتییەك دەگەڕان لەسەر عیسا تاکو بیکوژن، بەڵام دەستیان نەکەوت. ٥٦کەسانێکی زۆر بە درۆ شایەتییان لەسەری دا، بەڵام شایەتییەکانیان کۆك نەبوو.

٥٧هەندێك هەستان و بە درۆ شایەتییان لەسەری دا و گوتیان: ٥٨«گوێمان لێی بوو دەیگوت: ”ئەم پەرستگایەی دەستکردە دەیڕووخێنم، بە سێ ڕۆژ یەکێکی دیکە بنیاد دەنێم کە دەستکرد نەبێت.“» ٥٩لەمەشدا شایەتییەکەیان کۆك نەبوو.

٦٠سەرۆك کاهینیش لەناوەڕاست ڕاوەستا و

[a] ٣٦ یۆنانی: ئابە.

[b] ٤٥ ڕابی: وشەیەکی عیبرییە بە واتای مامۆستا دێت.

لە عیسای پرسی: «هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە شایەتی چی لە دژت دەدەن؟»
[٦١]بەڵام عیسا بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان سەرۆك کاهین لێی پرسی و پێی گوت: «ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودای پیرۆز؟»
[٦٢]عیسا فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستە ڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەگەڵ هەوری ئاسماندا دێتەوە.[a]»
[٦٣]سەرۆك کاهین جلەکانی خۆی دادڕی و گوتی: «ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟ [٦٤]خۆ گوێتان لە کفرەکە بوو، ڕاتان چییە؟»
هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مردنە. [٦٥]هەندێك کەوتنە تف لێکردنی، دەم و چاویان داپۆشی و لێیان دەدا، پێیان دەگوت: «ئەگەر پێغەمبەریت، بزانە کێ بوو لێیدایت؟» پاسەوانەکانیش گرتییان و دایانە بەر زللە.

## نکۆڵی پەترۆس لە عیسا

[٦٦]پەترۆس لە خوارەوە لە حەوشە بوو، یەکێك لە کارەکەرانی سەرۆك کاهین هات. [٦٧]پەترۆسی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، تێیڕووانی و گوتی: «تۆش لەگەڵ عیسای ناسیرەیی بوویت.»
[٦٨]بەڵام پەترۆس نکۆڵیی کرد و گوتی: «نازانم، تێناگەم چی دەڵێی.» چووە دالانەکە. [ئینجا کەڵەشێر خوێندی.]
[٦٩]کارەکەرەکە بینییەوە، بەوانەی گوتەوە کە لەوێدا ڕاوەستابوون: «ئەمەش لەوانە.» [٧٠]دیسان نکۆڵیی کرد. پاش کەمێك ئەوانەی لەوێدا ڕاوەستابوون، بە پەترۆسیان دەگوت: «بە ڕاستی تۆ لەوانیت، چونکە تۆش جەلیلیت.»
[٧١]دەستی کرد بە نەفرەتلێکردن و سوێندخواردن و گوتی: «ئەم کابرایەی باسی دەکەن نایناسم.»
[٧٢]دەستبەجێ کەڵەشێر بۆ دووەم جار خوێندی، پەترۆسیش قسەی عیسای بیرکەوتەوە کە پێی فەرمووبوو: «پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت.» خۆی پێ نەگیرا و گریا.

## عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

١٥ هەر بەیانی زوو، کاهینانی باڵا و پیران و مامۆستایانی تەورات و هەموو سەنهەدرین ڕاوێژیان کرد. عیسایان قۆڵبەست کرد و بردییان، دایانە دەست پیلاتۆس.
[٢]پیلاتۆس لێی پرسی: «تۆ پاشای جولەکەی؟» عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ دەڵێیت.»
[٣]کاهینانی باڵا سکاڵای زۆریان لێ دەکرد. [٤]پیلاتۆس لێی پرسییەوە: «ئایا هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ بزانە چەند سکاڵات لێدەکەن.»
[٥]بەڵام عیسا هیچ وەڵامی نەدایەوە، تاکو ئەوەی پیلاتۆس سەرسام بوو.

## بڕیاری لەخاچدانی عیسا

[٦]لە هەر جەژنێکدا فەرمانڕەوا بەگوێرەی داواکاری خەڵکەکە بەندکراوێکی ئازاد دەکرد. [٧]پیاوێك بە ناوی باراباس لەگەڵ یاخیبووان گیرابوو، لە ڕاپەڕینەکە کوشتاریان کردبوو[b]. [٨]ئینجا خەڵکەکە هاتن و داوایان کرد ئەوەی هەمیشە دەیکرد بۆیان بکات.
[٩]پیلاتۆسیش لێی پرسین: «دەتانەوێ پاشای جولەکەتان بۆ ئازاد بکەم؟» [١٠]چونکە زانی کاهینانی باڵا لەبەر ئیرەیی عیسایان بە گرتن دابوو. [١١]بەڵام کاهینانی باڵا خەڵکەکەیان جۆشدا کە باراباسیان بۆ ئازاد بکات.
[١٢]پیلاتۆس دیسان لێی پرسین: «ئەی باشە حەز دەکەن چی لەوە بکەم کە پێی دەڵێن، ”پاشای جولەکە“؟»
[١٣]هاواریان کرد: «لە خاچی بدە!»
[١٤]پیلاتۆس لێی پرسین: «باشە چ خراپەیەکی کردووە؟» بەڵام ئەوان زیاتر هاواریان کرد: «لە خاچی بدە!»

[a] ٦٢ دانیال ١٣:٧.

[b] ٧ لەو سەردەمە یاخیبووان لە دژی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕاپەڕینێکیان ئەنجام دابوو.

[١٥]پیلاتۆسیش دەیویست خەڵکەکە ڕازی بکات، لەبەر ئەوە باراباسی بۆ ئازاد کردن، بەڵام فەرمانی دا کە عیسا بدرێتە بەر قامچی و پاشان لە خاچ بدرێت.

## سەربازەکان گاڵتە بە عیسا دەکەن

[١٦]سەربازەکان عیسایان بردە کۆشکەکە، کۆشکی فەرمانڕەوا و هەموو تیپەکەیان کۆکردەوە. [١٧]کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد، تاجێکیان لە دڕك هۆنییەوە و لەسەریان نا. [١٨]دەستیان بە سڵاو لێکردنی کرد، دەیانگوت: «سڵاو، ئەی پاشای جولەکە!» [١٩]بە قامیش لەسەریان دەدا و تفیان لێی دەکرد، چۆکیان دادەدا و لەبەردەمی کڕنۆشیان دەبرد. [٢٠]کاتێك گاڵتەیان پێ کرد، کراسە ئەرخەوانییەکەیان لەبەردا داکەند و جلی خۆیان لەبەرکردەوە و بۆ لەخاچدان بردییانە دەرەوە.

## مردنی عیسا و لەخاچدانی

[٢١]ڕێبوارێك لە کێڵگە دەهاتەوە، ناوی شیمۆنی کورێنی[a] بوو، باوکی ئەسکەندەر و ڕوفوس، ناچاریان کرد خاچەکەی ئەو هەڵبگرێت. [٢٢]ئینجا عیسایان بردە شوێنی گولگۆسا، واتە «شوێنی کاسەسەر». [٢٣]شەرابی تێکەڵکراو بە موڕیان[b] بۆی ڕاگرت، بەڵام نەیخواردەوە. [٢٤]لە خاچیان دا و کراسەکەیان دابەش کرد، تیروپشکیان لەسەر کرد، بۆ ئەوەی بزانن هەریەکەیان چی بەردەکەوێت.

[٢٥]کاتێك لە خاچیان دا کاتژمێر نۆ[c] بوو، [٢٦]ناونیشانی تاوانەکەشی نووسرابوو: پاشای جولەکە. [٢٧]دوو دزیشیان لەگەڵی لە خاچ دا، یەکێك لەلای ڕاستی و ئەوەی دیکەش لەلای چەپی. [ [٢٨]نووسراوە پیرۆزەکە هاتە دی کە دەڵێت: ﴿لە ڕیزی تاوانباران دانرا.﴾[d] ] [٢٩]ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین، جنێویان پێی دەدا و سەریان بادەدا، دەیانگوت: «ها! ئەی ڕووخێنەری پەرستگا و بنیادنەرەوەی بە سێ ڕۆژ، [٣٠]خۆت ڕزگار بکە و لە خاچەکە دابەزە.»

[٣١]بە هەمان شێوە کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات گاڵتەیان دەکرد و بە یەکتریان دەگوت: «خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات! [٣٢]با ئێستا مەسیحی پاشای ئیسرائیل لە خاچەکە دابەزێت، تاکو ببینین و باوەڕ بهێنین.» ئەوانەش کە لەگەڵی لە خاچ دەدران قسەیان پێ دەگوت.

[٣٣]بووە کاتژمێر دوازدە[e]، هەتا کاتژمێر سێ[f] تاریکایی بەسەر هەموو زەوییەوە بوو. [٣٤]لە کاتژمێر سێ، عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «﴿ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی؟﴾» واتە، ﴿خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟﴾[g]

[٣٥]هەندێك لە ئامادەبووان گوێیان لێبوو، گوتیان: «ئەوە بانگی ئەلیاس دەکات.»

[٣٦]یەکێك ڕایکرد و ئیسفەنجێکی لە سرکە هەڵکێشا و بەسەر قامیشێکەوە دایێ، گوتی: «لێگەڕێن، با بزانین ئەلیاس دێت دایبگرێت!»

[٣٧]عیساش بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گیانی سپارد.

[٣٨]پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە شەقبوو و بووە دوو پارچە. [٣٩]ئەو سەرپەلەی[h] بەرامبەر عیسا ڕاوەستابوو، گوێی لە هاواری بوو و بینی چۆن گیانی سپارد، گوتی: «بەڕاستی ئەم مرۆڤە کوڕی خودا بوو!»

[٤٠]چەند ژنێك لە دوورەوە تەماشایان دەکرد، لەنێوانیاندا مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی

[a] ٢١ گەورەترین شار لە وڵاتی لیبیا لەم سەردەمەدا.

[b] ٢٣ موڕ: بۆنێك بووە بۆ کەمکردنەوەی ئازار تێکەڵ بە شەراب کراوە.

[c] ٢٥ یۆنانی: کاتژمێری سێیەم.

[d] ٢٨ ئیشایا ١٢:٥٣.

[e] ٣٣ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.

[f] ٣٣ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

[g] ٣٤ زەبوورەکان ١:٢٢

[h] ٣٩ وشە یۆنانییەکە مەبەست لە سەرکردەی سەد سەربازە لە سوپای ڕۆم.

یاقوبی بچووك و یوسی و سالومە دەبینران. [٤١]ئەمانە لە جەلیلەوە دوای عیسا کەوتبوون و خزمەتیان دەکرد، زۆری دیکەش لەگەڵی هاتبوونە ئۆرشەلیم.

## ناشتنی عیسا

[٤٢]ئێوارە داهات، ڕۆژی خۆ ئامادەکردن بوو، واتە ڕۆژی پێش شەممە، [٤٣]یوسفی خەڵکی ڕامە ئەندامێکی بەرزی ئەنجومەن بوو، ئەویش چاوەڕێی شانشینی خودای دەکرد، وێرای و چوو بۆ لای پیلاتۆس و داوای تەرمەکەی عیسای کرد. [٤٤]پیلاتۆس سەرسام بوو ئاوا بە زوویی عیسا مردووە، سەرپەلەکەی بانگکرد و لێی پرسی ئاخۆ دەمێکە مردووە. [٤٥]کاتێك لە سەرپەلەکەوە زانی، تەرمەکەی دایە یوسف. [٤٦]ئەویش کەتانی کڕی، دایگرت و بە کەتان کفنی کرد، لە گۆڕێکدا ناشتی کە لە بەرد هەڵکەنرا بوو. ئینجا بەردێکی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە. [٤٧]مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوب، بینییان لەکوێ نێژرا.

## زیندووبوونەوەی عیسا

١٦ کە شەممە بەسەرچوو، مریەمی مەجدەلی و سالومە و مریەمی دایکی یاقوب، بۆنوبەرامیان کڕی تاکو بچن و تەرمی عیسا چەور بکەن. [٢]لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، بەیانی زوو لەگەڵ خۆر هەڵاتن، هاتنە سەر گۆڕەکە. [٣]بە یەکتریان دەگوت: «باشە کێ بەردی سەر دەرگای گۆڕەکەمان بۆ گلۆر دەکاتەوە؟»

[٤]بەڵام کە سەیریان کرد، بینییان بەردەکە گلۆر کراوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەورە بوو. [٥]چوونە ناو گۆڕەکە، گەنجێکیان بینی لەلای ڕاست دانیشتبوو، کەوایەکی سپی لەبەر بوو، ئەوانیش تاسان.

[٦]پێی گوتن: «مەتاسێن، بە شوێن عیسای ناسیرەیی لەخاچدراو دەگەڕێن. ئەو هەستایەوە! لێرە نییە. ئەوەتا ئەو شوێنەی لێیان دانا. [٧]بەڵام بڕۆن و بە قوتابییەکانی و بە پەترۆس بڵێن، ”ئەو پێشتان دەکەوێت بۆ جەلیل، وەك پێی فەرموون لەوێ دەیبینن.“»

[٨]ژنەکان لە گۆڕەکە هاتنە دەرەوە و بە خێرایی گۆڕستانەکەیان بەجێهێشت. لەرز و سەرسامی دایگرتبوون، هیچیان بە کەس نەگوت، چونکە دەترسان.

[ [٩]دوای ئەوەی بەیانی زوو لە یەکەمی هەفتە عیسا هەستایەوە، یەکەم جار بۆ مریەمی مەجدەلی دەرکەوت، ئەوەی حەوت ڕۆحی پیسی لێی دەرکردبوو. [١٠]ئەویش چوو و بەوانەی گوت کە لەگەڵ ئەودا بوون، شیوەنیان دەگێڕا و دەگریان. [١١]کاتێك بیستیان عیسا زیندووە و ئەم بینیویەتی، باوەڕیان نەکرد.

[١٢]دوای ئەمانە عیسا بە شێوەیەکی دیکە بۆ دووان لەوان دەرکەوت، کاتێك بۆ گوندەکان بەڕێوە بوون. [١٣]جا چوون و بەوانی دیکەیان ڕاگەیاند، بەڵام باوەڕیان پێ نەکردن.

[١٤]پاشان عیسا بۆ یازدەکە دەرکەوت، کاتێك لەسەر خوان بوون، لەبەر بێباوەڕی و کەللەڕەقییان سەرزەنشتی کردن، چونکە باوەڕیان بەوانە نەکرد کە دوای هەستانەوەکەی بینیبوویان.

[١٥]پێی فەرموون: «بڕۆن بۆ هەموو جیهان و ئەم مزگێنییە بە هەموو بەدیهێنراوان ڕابگەیەنن. [١٦]ئەوەی باوەڕ دەهێنێت و لە ئاو هەڵدەکێشرێ ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ، تاوانبار دەکرێت. [١٧]ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ئەم نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت، بە ناوی من ڕۆحی پیس دەردەکەن و بە زمانی نوێ دەدوێن، [١٨]بە دەستیان مار دەگرن، ئەگەر ژەهرێکی کوشندەش بخۆنەوە زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاکدەبنەوە.»

[١٩]لەدوای ئەوەی عیسای خاوەن شکۆ ئەمانەی پێ فەرموون، بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە و لە دەستە ڕاستی خودا دانیشت. [٢٠]ئەوانیش چوون و لە هەموو لایەك جاڕیان دا، عیسای خاوەن شکۆش لەگەڵیان کاری دەکرد و بە پەرجووەکانی پشتگیری پەیامەکەی دەکرد.]

# مزگێنی بەپێی نووسینی لۆقا

## کورتە باسێك

لۆقا پزیشك و مێژوونووسێکی یۆنانی بووە، ئەو تەنها کەسێکە کە جولەکە نەبووە و مژدەی مەسیحی نووسیوەتەوە، هاوڕێی نزیك و یاوەری پۆڵس بووە. لە دەوروبەری ساڵی (٦٠ ز.) لە قەیسەرییە یان لە ڕۆما بە سروشی (وەحی) ڕۆحی پیرۆز پەیامی مژدەی شانشینی خودا و سەربوردەی ژیان و پەرجووەکانی (موعجیزە) مەسیحی نووسیوە، هەروەها نووسەری پەڕتووکی کرداری نێردراوانە کە تەواوکەری ئەم پەڕتووکەیە. لۆقا بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیر بووە زۆر گشتگیرانە و بە زمان پاراوی نووسیویەتی و پایەیەکی تایبەتی داوەتە ئافرەت.

لۆقا بۆ ساوفیلۆس (خۆشەویستی خودا) و هەموو خەڵکێك دەنووسێت، بە تایبەتی ئەوانەی جولەکە نین، هەروەك خۆی لە سەرەتای پەڕتووکەکەیدا باسی دەکات کە بەدوای سەرچاوەی ڕاستدا گەڕاوە بۆ زانیارییەکانی سەبارەت بە ژیانی عیسا لەسەر زەوی. مەسیح لەم پەڕتووکەدا مرۆڤێکی تەواو و دڵسۆزە، ڕزگارکەری هەموو جیهانە، هەروەك فەرموودەی عیسا دەنووسێت: «ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم ماڵە هات، لەبەر ئەوەی ئەویش کوڕی ئیبراهیمە، چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا بگەڕێت و ڕزگاریان بکات.» ٩:١٩-١٠.

لۆقا چڕدەبێتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی عیسا لەگەڵ خەڵك و هەروەها ئەو نەخۆش و نەخۆشییانەی کە چاکی دەکردنەوە، بە ڕوونی باسی لێوەکردوون.

## مەبەستی ئەم نووسینە

١ ئەی ساوفیلۆسی[a] پایەبەرز، زۆر کەس هەستان
بە داڕشتنی چیرۆکی ئەو شتانەی[b] لەلای ئێمە
هاتنە دی، ٢وەك ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە پێمان
گەیشت کە لە سەرەتاوە شایەتحاڵ و خزمەتکاری
پەیامەکە[c] بوون. ٣لەدوای ئەوەی من لە سەرەتاوە
پشکنینێکی وردم بۆ هەموو شتێك کرد، ئێستاش
بە باشم زانی بە ڕیزبەندی بۆت بنووسم، ٤تاکو لە
ڕاستی ئەو قسانە دڵنیابی کە فێرکراوی.

## لەدایکبوونی یەحیا

٥لەو سەردەمەی هێرۆدسی باوك پاشای یەهودیا
بوو، کاهینێك[d] لە نۆرەی نەوەی ئەبیا[e] هەبوو ناوی
زەکەریا، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون بوو.
٦هەردووکیان لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست بوون،
بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە
و حوکمەکانی[f] یەزدان. ٧بەڵام منداڵیان نەدەبوو،
چونکە ئەلیسابات نەزۆك بوو، هەردووکیشیان بە
ساڵدا چووبوون.

٨کاتێك زەکەریا لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا
کاروباری کاهینێتی جێبەجێ دەکرد لەبەردەم
خودا، ٩بەگوێرەی نەریتی کاهینێتی[g]، تیروپشکی
کەوتە سەر تاکو بچێتە ناو پەرستگای یەزدان و
بخوور بسووتێنێت. ١٠لە کاتی سووتانی بخوورەکەدا،
خەڵکی هەموو لە دەرەوە نوێژیان دەکرد.

---

[a] ١ ناوێکی یۆنانییە، واتە ئەوەی خودای خۆشدەوێت.

[b] ١ مەبەست لە هاتنەدی هەموو پێشبینییەکانی پێغەمبەرانە سەبارەت بە مەسیح.

[c] ٢ یۆنانی: وشەکە: مەبەست لە پەیامی مەسیحە.

[d] ٥ کاهین: پیاوێکی ئایینی جولەکەیە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی قوربانی کردن لەناو پەرستگا و فێرکردنی خەڵك.

[e] ٥ گروپێکی کاهینان بوون لە نەوەی ئەبیا.

[f] ٦ تەورات.

[g] ٩ یەکێك لە کاهینان هەڵدەستا بە دانانی بخوور لەناو قوربانگا.

١١لەوێ فریشتەیەکی یەزدانی بۆ دەرکەوت،
لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور ڕاوەستابوو. ١٢کاتێک
زەکەریا فریشتەکەی بینی، پەشۆکا و ترسی لێ
نیشت. ١٣بەڵام فریشتەکە پێی گوت: «زەکەریا
مەترسە، چونکە پاڕانەوەکەت بیسترا، ئەلیساباتی
ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێت و ناوی لێ دەنێیت
یەحیا[a]. ١٤ئەو دەبێتە مایەی خۆشی و شادی بۆ تۆ،
زۆر کەس بە لەدایکبوونی دڵخۆش دەبن، ١٥چونکە
ئەو لەبەرچاوی یەزدان دەبێتە کەسێکی مەزن و
پایەبەرز. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە
سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕۆحی پیرۆز و ١٦زۆر
لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای یەزدانی پەروەردگاری
خۆیان دەگەڕێنێتەوە. ١٧بە ڕۆح و توانای ئەلیاسەوە
پێش یەزدان دەکەوێت[b]، تاکو دڵی باوکان بۆ لای
منداڵەکان ڕابکێشێت و یاخیبووانیش بۆ لای دانایی
ڕاستودروستان بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی گەلێکی
ئامادە بۆ یەزدان پێکبهێنێت.»
١٨زەکەریاش بە فریشتەکەی گوت: «بە چی ئەمە
بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بە ساڵدا چووە؟»
١٩فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «من جبرائیلم[c]
لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت
بدوێم و ئەم مژدەیەت بدەمێ. ٢٠ئەوەتا لە ئێستاوە
تۆ لاڵ دەبیت و توانای قسەکردنت نامێنێت هەتا
ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە ڕوودەدەن، چونکە باوەڕت بە
قسەکەم نەکرد، ئەوەی لە کاتی خۆیدا دێتە دی.»
٢١خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریایان دەکرد و
سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەناو پەرستگادا.
٢٢کاتێک هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێت، جا
زانییان کە لە پەرستگادا بینینێکی بۆ ئاشکرا کراوە،
چونکە بە ئیشارەت لەگەڵیان دەدوا و بە لاڵی
مایەوە.
٢٣کاتێک ڕۆژانی خزمەتکردنەکەی تەواوبوو،
گەڕایەوە ماڵ. ٢٤دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیساباتی ژنی
سکی پڕبوو، پێنج مانگ خۆی شاردەوە و دەیگوت:
٢٥«یەزدان ئەمەی بۆ کردم، لەم ڕۆژانەدا چاکەی
خۆی نیشان دا و ئابڕووی منی لەنێو خەڵکدا
کڕییەوە.»

## مژدەی لەدایکبوونی عیسا

٢٦کاتێک ئەلیسابات سکی شەش مانگ بوو، خودا
جبرائیلی فریشتەی نارد بۆ شارێک لە ناوچەی جەلیل
کە ناوی ناسیرە بوو، ٢٧بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە
پیاوێک لە بنەماڵەی داود کە ناوی یوسف بوو، ناوی
پاکیزەکەش مریەم بوو. ٢٨جبرائیل هاتە لای مریەم
و گوتی: «سڵاو، ئەی ئەو کەسەی نیعمەتی خودات
بەسەردا ڕژاوە، یەزدانت لەگەڵدایە.»
٢٩بەڵام ئەو بە پەیامەکە زۆر شێوا و بیری کردەوە،
دەبێت ئەمە چ جۆرە سڵاوێک بێت. ٣٠فریشتەکە
پێی گوت: «مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا
ڕەزامەندیت بەدەستهێنا. ٣١ئەوەتا سکت دەبێت و
کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. ٣٢پایەبەرز
دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت،
خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی
پێدەداتەوە. ٣٣هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەی یاقوب
دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.»
٣٤بەڵام مریەم بە فریشتەکەی گوت: «ئەمە چۆن
دەبێت، کە من هێشتا پاکیزەم؟»
٣٥فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «ڕۆحی پیرۆز دێتە
سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی
سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە
کوڕی خودا ناودەبردرێت. ٣٦ئەوەتا ئەلیساباتی
خزمیشت بەو پیرییە سکی پڕە بە کوڕێک. ئەوەی
پێیان دەگوت نەزۆک سکی شەش مانگە، ٣٧چونکە
هیچ شتێک لەلای خودا مەحاڵ نییە.»
٣٨مریەم گوتی: «ئەوەتا من کارەکەری یەزدانم.
ئەوەی تۆ دەیفەرموویت با بێتە دی.» فریشتەکەش
بەجێی هێشت.

[a] ١٣ یەحیا: عیبری: یۆخەنەن، واتە خودا میهرەبانە، لەلای هەندێک بە یۆحەنا ناسراوە.
[b] ١٧ خودا پێش هاتنی مەسیح یەحیای نارد.
[c] ١٩ جبرائیل: یەکێکە لەو دوو فریشتەیەی کە لە کتێبی پیرۆزدا ناویان هاتووە، بڕوانە دانیال ٨:١٦.

## دیدەنی مریەم و ئەلیسابات

٣٩ لەو ڕۆژانەدا، مریەم هەستا و خێرا بۆ
شارۆچکەیەك چوو لە ناوچە شاخاوییەکانی
هەرێمی یەهودیا. ٤٠ چووە ماڵی زەکەریا و سڵاوی
لە ئەلیسابات کرد. ٤١ کاتێك ئەلیسابات گوێی لە
سڵاوەکەی مریەم بوو، منداڵەکە لە سکیدا کەوتە
جوڵەجوڵ و ئەلیسابات پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز.
٤٢ ئەلیسابات بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «لەنێو
ژناندا بەرەکەتداریت، بەرهەمی سکت بەرەکەتدار
دەبێت! ٤٣ ئەم شکۆیەم لەکوێوە بۆ هات، هەتا دایکی
گەورەکەم بێت بۆ لام؟ ٤٤ چونکە هەر کە دەنگی
سڵاوەکەت بەر گوێم کەوت، منداڵەکە لە خۆشیدا لە
سکمدا هەڵبەزییەوە. ٤٥ خۆزگە دەخوازرێت بەوەی[a]
باوەڕی هێناوە کە لە یەزدانەوە چی پێ گوتراوە دێتە
دی.»

## ستایشی مریەم

٤٦ مریەمیش گوتی:

«گیانم ستایشی یەزدان دەکات،
٤٧ ڕۆحم بە خودای ڕزگارکەرم دڵشادە،
٤٨ چونکە سەیری بێفیزی کارەکەرەکەی کرد.
ئەوەتا لە ئێستاوە هەموو نەوەکان خۆزگە بە من
دەخوازن،
٤٩ چونکە توانادار کاری گەورەی بۆ من ئەنجام دا،
پیرۆزە ناوی ئەو.
٥٠ بەزەییەکەی بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن،
نەوە دوای نەوە.
٥١ بە بازووی کاری بەهێزی ئەنجام دا،
ئەوانەی بە بۆچوونەکانی دڵیان لووتبەرز بوون،
پەرتوبڵاوی کردنەوە.
٥٢ تەختی توانادارەکانی سەرەوژێر کردووە و
بێفیزەکانی بڵند کردەوە.
٥٣ برسییەکانی لە خێروبێر تێر کرد،
دەوڵەمەندانی بە دەستی بەتاڵ ڕەوانە کردەوە.
٥٤ بە یارمەتیدانی گەلی ئیسرائیلی بەندەی خۆی
هەتاهەتایە بەزەییەکەی بەبیر هێنایەوە
٥٥ لەگەڵ ئیبراهیم و نەوەکەی،
هەروەك بەڵێنی بە باوباپیرانمان دا.»

٥٦ مریەم لەلای ئەلیسابات نزیکەی سێ مانگ
مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.

## لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا

٥٧ ئەلیسابات کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی
بوو. ٥٨ جا دراوسێ و خزمانی بیستیان یەزدان دەرگای
بەزەیی فراوانی خۆی بۆ کردووەتەوە، لەگەڵی
شادمان بوون.
٥٩ لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی منداڵەکە
هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زەکەریا. ٦٠ بەڵام
دایکی گوتی: «نەخێر، ناوی دەنرێت یەحیا[b].»
٦١ پێیان گوت: «کەس لە خزمانت بەم ناوە
ناونەنراوە.»
٦٢ ئینجا ئیشارەتیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت
چ ناوێکی لێ بنێت. ٦٣ تەختەیەکی داوا کرد و
لەسەری نووسی: «ناوی یەحیایە.» هەموو سەرسام
بوون. ٦٤ دەستبەجێ دەم و زمانی زەکەریا کرایەوە،
قسەی کرد و ستایشی خودای دەکرد. ٦٥ هەموو
دراوسێکانیان ترسیان لێ نیشت و لە سەراپای ناوچە
شاخاوییەکانی یەهودیا هەموو ئەم شتانە بوو بە
قسە و باسی سەر زاری خەڵکی. ٦٦ هەموو ئەوانەی
ئەم باسەیان بیست لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «ئایا
ئەم منداڵە دەبێتە چی؟» چونکە دەستی یەزدانی
لەگەڵ بوو.

## ستایشی زەکەریا

٦٧ زەکەریای باوکیشی پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و
پێشبینی کرد، گوتی:

٦٨ «ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل،

---

[a] ٤٥ بەوەی: لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەسی سێیەمی تاکی مێ، کە مەبەستی لە مریەمە.

[b] ٦٠ بڕوانە ١٣:١.

چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کڕییەوە[a].
٦٩ هێزی ڕزگاریمانی هەستاندەوە،
لە بنەماڵەی داودی بەندەی،
٧٠ وەك چۆن لە کۆنەوە لە ڕێگەی پێغەمبەرە
پیرۆزەکانییەوە دواوە،
٧١ بۆ ڕزگاربوون لە دەست دوژمنان و
هەموو ناحەزانمان،
٧٢ هەروەها بۆ بەخشینی بەزەیی بە باوباپیرانمان و
پەیوەستبوون بە پەیمانە پیرۆزەکەی،
٧٣ واتە ئەو سوێندەی کە بۆ ئیبراهیمی باپیرە
گەورەمانی خوارد:
٧٤ کە ئێمە لە دەست دوژمن ڕزگارمان بێت و
بێ ترس ئەو بپەرستین،
٧٥ هەموو ڕۆژانی ژیانمان بە پیرۆزی و
ڕاستودروستی[b] لەبەردەمیدا بین.

٧٦ «تۆش ئەی منداڵ، بە پێغەمبەری خودای
هەرەبەرز ناودەبردرێیت،
چونکە پێش یەزدان دەکەویت، تاکو ڕێگای بۆ
ئامادە بکەیت،
٧٧ تاکو بە گەلەکەی ڕابگەیەنیت
بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان ڕزگاریان دەبێت،
٧٨ بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە،
کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە
بەسەرماندا دەدرەوشێتەوە،
٧٩ تاکو بەسەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری
مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە،
بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.»

٨٠ منداڵەکەش گەشەی دەکرد و لە ڕۆحدا بەهێز
دەبوو، لە چۆڵەوانی مایەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە
خۆی بۆ گەلی ئیسرائیل دەرخست.

[a] ٦٨ بە واتای ڕزگاری کرد.
[b] ٧٥ لەبەرچاوی خودا ڕاست و دادپەروەرانە بین.

## لەدایکبوونی عیسا

٢ لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە
فەرمانێك دەرچوو، کە هەموو دانیشتووانی
ئیمپڕاتۆریەتیەکەی[c] ناونووس بکرێت. ٢ ئەمە یەکەم
ناونووسین بوو، کاتێك کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا
بوو. ٣ ئیتر هەرکەس بۆ ناونووسین دەچووە شاری
خۆی.

٤ یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو
یەهودیا سەرکەوت بۆ شارەکەی داود کە پێی
دەگوترێ بێتلەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی
داود بوو، ٥ تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە
مارەبڕی بوو و سکی هەبوو. ٦ کە لەوێ بوون،
کاتی منداڵبوونی هات. ٧ جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو،
قۆنداغی کرد و لە ئاخوڕێکدا داینا، چونکە هیچ
ژوورێکیان بۆ نوستن دەست نەکەوت.

## شوانەکان و فریشتەکان

٨ لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە
و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت.
٩ فریشتەیەکی یەزدان بۆیان دەرکەوت و شکۆی
یەزدان لە دەوریان درەوشایەوە، بەمە ترسێکی
زۆریان لێ نیشت. ١٠ فریشتەکە پێی گوتن: «مەترسن،
ئەوا مژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ
هەموو گەلە. ١١ ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان
بۆ لەدایك بوو، ئەویش مەسیحی[d] خاوەن شکۆمانە.
١٢ ئەمەش نیشانەیە بۆتان، مەلۆتکەیەك دەبینن لەناو
ئاخوڕێك دانراوە.»

١٣ لەناکاو لەگەڵ فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی
ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و
دەیانگوت:

١٤ «شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان،

[c] ١ مەبەست لە سنووری ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانییە.
[d] ١١ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی
ڕەزامەندی ئەون.»

١٥کاتێك فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان
هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان گوت: «دەی با
بڕۆینە بێتلەحم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە
یەزدان پێی ڕاگەیاندین.»
١٦خێرا هاتن و مریەم و یوسف و ئەو مەلۆتکەیەی
لە ئاخوڕەکەدا دانرابوو دۆزییانەوە. ١٧کاتێك بینییان،
ئەو قسەیەیان بڵاو کردەوە کە دەربارەی ئەم منداڵە
پێیان گوترابوو. ١٨هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو،
سەریان سوڕمابوو لەوەی شوانەکان پێیان دەگوتن.
١٩بەڵام مریەم هەموو ئەم شتانەی لە دڵی خۆیدا
هەڵدەگرت و لێکی دەدایەوە.
٢٠شوانەکان گەڕانەوە و خودایان شکۆدار کرد و
ستایشیان کرد لە پێناوی هەموو ئەوەی بیستیان و
بینییان، بەو شێوەیەی پێیان گوترابوو.

## خەتەنەکردنی عیسا

٢١لە دوای هەشتەمین ڕۆژ کاتی خەتەنەکردنی
منداڵەکە هات،[a] هەر ئەو کاتەش ناوی لێنرا عیسا،
بەو شێوەیەی فریشتەکە ناوی لێنا، پێش ئەوەی
مریەم سکی پڕبێت.
٢٢پاشان یوسف و مریەم لەدوای تەواوبوونی
ڕۆژانی پاکبوونەوە[b] عیسایان بردە ئۆرشەلیم تاکو
پێشکەشی یەزدانی بکەن، بەگوێرەی تەوراتی موسا،
٢٣کە تەوراتی یەزدانە، هەروەك تێیدا نووسراوە:
﴿هەر نێرینەیەکی نۆبەرە بۆ یەزدان تەرخان
دەکرێت.﴾[c] ٢٤بۆ پێشکەشکردنی قوربانییەکیش،
بەگوێرەی ئەوەی لە تەوراتی یەزدان گوتراوە: ﴿دوو
کوکوختی یان دوو بێچووە کۆتر.﴾[d]
٢٥پیاوێکی چاك و لەخواترس بە ناوی شیمۆن لە
ئۆرشەلیم هەبوو، چاوەڕێی هاتنی دڵنەواییەکەری[e]
ئیسرائیل بوو، ڕۆحی پیرۆزی لەسەر بوو. ٢٦بە ڕۆحی
پیرۆز بۆی ئاشکرا کرابوو کە نامرێت هەتا مەسیحی
یەزدان نەبینێت. ٢٧بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە هاتە
حەوشەکانی پەرستگا. کاتێك دایك و باوکەکە عیسای
منداڵیان هێنایە ژوورەوە، تاکو بەگوێرەی نەریتی
تەوراتی بۆ بکەن، ٢٨شیمۆن عیسای لە باوەشی گرت
و ستایشی خودای کرد:

٢٩«ئەی یەزدانی باڵادەست، ئێستا بەگوێرەی
قسەکەت
بەندەی خۆت بە ئاشتی بەڕێبکە.
٣٠ئەوا چاوم ڕزگاریی[f] تۆی بینی،
٣١ئەوەی لەبەردەم هەموو گەلان ئامادەت
کردووە،
٣٢هەتا ببێتە ڕووناکی بۆ ئاشکراکردنی سروشی تۆ
بۆ نەتەوەکان و
ببێتە مایەی شکۆمەندی بۆ ئیسرائیلی
گەلەکەت.»

٣٣دایك و باوکی[g] سەرسام بوون لەوەی دەربارەی
گوترا. ٣٤شیمۆن داوای بەرەکەتی بۆ کردن و بە
مریەمی دایکی گوت: «ئا ئەم منداڵە دەبێتە هۆی
کەوتن و هەستانەوەی کەسانێکی زۆر لە ئیسرائیل،
هەروەها دەبێتە نیشانەیەك دژایەتی دەکرێت،
٣٥هەتا نیازی دڵی زۆر کەس ئاشکرابێت. تۆش
شمشێرێك جەرگت دەبڕێت.»
٣٦پێغەمبەرێکی ژن هەبوو بە ناوی ئانای
کچی پەنوئێل لە هۆزی ئاشێر. زۆر بەساڵدا چوو
بوو، لەدوای شووکردنی تەنها حەوت ساڵ لەگەڵ
مێردەکەی ژیابوو. ٣٧پاشان بە بێوەژنی مابووەوە و
تەمەنی گەیشتبووە هەشتا و چوار ساڵی. پەرستگای

[a] ٢١ بڕوانە لێڤییەکان ٣:١٢.

[b] ٢٢ پاکبوونەوەی مریەم لە زەیستانی، بەگوێرەی نەریتی تەورات ئافرەت لەم ماوەیەدا گڵاوە. بڕوانە لێڤییەکان ٧-١:١٢.

[c] ٢٣ دەرچوون ٢:١٣،١٢.

[d] ٢٤ لێڤییەکان ٨:١٢.

[e] ٢٥ هاتنی مەسیح، بۆ ڕزگارکردنی گەل لەژێر نیری گوناه.

[f] ٣٠ مەبەستی لە عیسای ڕزگارکەرە.

[g] ٣٣ لە باری کۆمەڵایەتییەوە یوسف وەك باوکی عیسا ناسراوە، بەهۆی ئەوەی مێردی مریەم بووە لە منداڵییەوە ئەو عیسای بەخێو کردووە.

بەجێ نەدەهێشت، شەو و ڕۆژ خودای دەپەرست
بە نوێژ و ڕۆژووگرتن. ٣٨هەر لەو کاتەدا هات بۆ
لای ئەوان و ستایشی خودای کرد، باسی منداڵەکەی
بۆ هەموو ئەوانە کرد کە چاوەڕوانی ڕزگاریی[a]
ئۆرشەلیم بوون.
٣٩کە هەموو شتێکیان بەگوێرەی تەوراتی یەزدان
تەواو کرد، هاتنەوە بۆ ناسیرەی شارەکەی خۆیان
لە ناوچەی جەلیل. ٤٠منداڵەکەش گەشەی دەکرد و
بەهێز دەبوو، پڕبوو لە دانایی، نیعمەتی خوداشی[b]
لەسەر بوو.

## عیسا لە پەرستگادا

٤١دایك و باوکی هەموو ساڵێك لە جەژنی پەسخە
دەچوونە ئۆرشەلیم. ٤٢کاتێك بووە دوازدە ساڵ، وەك
نەریتی جەژن بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوتن. ٤٣دوای
تەواوبوونی ڕۆژەکان لە گەڕانەوەیاندا عیسای
مێردمنداڵ لە ئۆرشەلیم مایەوە، دایك و باوکیشی
نەیانزانی. ٤٤وایان دەزانی لەناو کاروانەکەیە، ڕۆژە
ڕێیەك ڕۆیشتن، دوای ئەوە لەناو خزم و ناسیاوەکان
بەدوایدا گەڕان. ٤٥کاتێك نەیاندۆزییەوە گەڕانەوە
بۆ ئۆرشەلیم هەتا بەدوایدا بگەڕێن. ٤٦دوای سێ
ڕۆژ لە حەوشەکانی پەرستگادا دۆزیانەوە، بینییان
لەناو مامۆستایان دانیشتووە، گوێیان لێ دەگرێت و
پرسیاریان لێدەکات. ٤٧هەموو ئەوانەی گوێیان لێی
ڕاگرتبوو، لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون.
٤٨کاتێك بینییان واقیان وڕما، ئینجا دایکی پێی گوت:
«کوڕم، بۆ وات لێکردین؟ من و باوکت نیگەرانت
بووین و بەدواتدا دەگەڕاین.»
٤٩وەڵامی دانەوە: «بۆچی بەدوامدا دەگەڕان؟
نەتاندەزانی پێویستە لە ماڵی باوکمدا بم؟» ٥٠بەڵام
لەو قسەیە تێنەگەیشتن کە پێی فەرموون.

[a] ٣٨ لە یۆنانی وشەیەك بەکارهاتووە بە واتای کڕینەوە دێت، کە مەبەستی لە کڕینەوەی مرۆڤە بە مەبەستی ڕزگارکردنی. بڕوانە دەرچوون ١٤، عیبرانییەکان ١٢:٩.

[b] ٤٠ نیعمەتی خودا لێرەدا مەبەست لەو بەخشینە خوداییە کە دەبێتە مایەی گەشەکردنی ڕۆحی و هزری. بڕوانە ٤٢:٢.

٥١ئینجا لەگەڵیان گەڕایەوە و هاتەوە ناسیرە و
گوێڕایەڵیان بوو، مریەمی دایکیشی ئەمانەی هەموو
دەخستە دڵییەوە. ٥٢عیساش لە دانایی و باڵا گەشەی
دەکرد، جێی ڕەزامەندی خودا و خەڵکی بوو.

## یەحیای لەئاوهەڵکێش

٣ لە ساڵی پازدەمینی[c] حوکمڕانی تیباریۆس
قەیسەر، کاتێك پیلاتۆسی پۆنتی فەرمانڕەوای
یەهودیا بوو، هێرۆدسی ئەنتیپاس[d] فەرمانڕەوای[e]
جەلیل بوو، فیلیپۆسی براشی فەرمانڕەوای ئیتۆریە
و تەراخۆنیتس بوو، لیسانیۆس فەرمانڕەوای ئەبیلینە
بوو، ٢لە سەردەمی سەرۆك کاهینیێتی حەنا و قەیافا،
لە دەشتودەر پەیامی خودا بۆ یەحیای کوڕی زەکەریا
هات. ٣ئیتر بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری
ڕووباری ئوردوندا دەگەڕا، جاڕی لەئاوهەڵکێشانی[f]
تۆبەکردنی دەدا بۆ گوناە بەخشین. ٤وەك لە
پێشبینییەکانی پەڕتووکی ئیشایای پێغەمبەردا
نووسراوە:

﴿کەسێك لە چۆڵەوانی هاوار دەکات و دەڵێت:
«ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن،
ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.»
٥هەموو دۆڵێك پڕ دەبێتەوە و
هەموو چیا و گردێك ڕۆدەچێت،
ڕێگا خواروخێچەکان ڕاست دەبنەوە و
سەختەکانیش ئاسان دەبن،
٦هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاریی خودا دەبینن!﴾[g]

٧یەحیا بەو خەڵکانەی دەگوت کە دەهاتن تاکو
لە ئاویان هەڵکێشێت: «ئەی بێچووە ماران، کێ

[c] ١ نزیکەی ٢٥–٢٦ی زایینی.

[d] ١ یۆنانی: هێرۆدس: هێرۆدسی ئەنتیپاس کوڕی شا هێرۆدسی مەزن بوو، کە لە لۆقا ٥:١ باسکراوە.

[e] ١ یۆنانی: تیترارك: فەرمانڕەوا لەسەر چواریەکی هەرێمێك لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمانی.

[f] ٣ یۆنانی: باپتسمە، بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناە، وەك (بسمیلکردن).

[g] ٦ ئیشایا ٤٠:٣-٥.

ئاگاداری کردوونەتەوە لە دەست تووڕەیی داهاتوو
هەڵبێن؟ [8]با بەرهەمێکتان هەبێت لە تۆبەکردن
بوەشێتەوە. بە خۆتان مەڵێن: ”ئیبراهیم باوکمانە.“
پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ
ئیبراهیم دروستبکات. [9]ئەوەتا تەور خراوەتە سەر
ڕەگی دار، هەر دارێك بەرهەمی باش نەدات،
دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە.»
[10]خەڵکەکە پرسیاریان لێکرد: «کەواتە چی
بکەین؟»
[11]وەڵامی دانەوە: «ئەوەی دوو کراسی هەیە، با
یەکێکیان بداتە ئەوەی کە نییەتی، ئەوەش کە نانی
هەیە، با هەمان شت بکات.»
[12]باجگرانیش بۆ لەئاوهەڵکێشان هاتن، لێیان
پرسی: «مامۆستا، ئێمە چی بکەین؟»
[13]پێی گوتن: «لەوەی بۆتان دانراوە زیاتر
وەرمەگرن.» [14]سەربازانیش پرسیاریان لێکرد: «ئەی
ئێمە چی بکەین؟»
یەحیاش وەڵامی دانەوە: «خاوە لە کەس
وەرمەگرن و بوختان مەکەن، بە موچەکانتان ڕازی
بن.»
[15]گەل لە چاوەڕوانیدا بوون، هەموو لە دڵی
خۆیاندا دەربارەی یەحیا لێکیان دەدایەوە کە
لەوانەیە یەحیا خۆی مەسیح بێت. [16]یەحیا وەڵامی
هەمووانی دایەوە: «من لە ئاوتان هەڵدەکێشم، بەڵام
یەکێك دێت لە من بەتواناترە، ئەوەی من شایانی
ئەوە نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە. ئەو لە
ڕۆحی پیرۆز و لە ئاگرتان هەڵدەکێشێت[a]. [17]شەنی
بەدەستەوەیە بۆ پاککردنەوەی جۆخینەکەی[b]،
گەنمەکە لە ئەمباردا کۆدەکاتەوە و قەسەڵەکەش[c]
بە ئاگرێکی نەکوژاوە دەسووتێنێت.» [18]بە زۆر شتی
دیکەش ئامۆژگاری گەلی دەکرد و مژدەی دەدانێ.

[a] ١٦ واتە پاکبوونەوە لە گوناە بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە.

[b] ١٧ جۆخین یان سەرخەرمان ئەو زەوییە تەرخانکراوەیە کە لەلایەن وەرزێر و جوتیارەوە بەکارهێنراوە بۆ کوتانی دانەوێڵە لەسەری لەدوای کۆکردنەوەی لە کێڵگە.

[c] ١٧ قەسەڵ: قەسەر.

[19]بەڵام کاتێك یەحیا سەرزەنشتی هێرۆدسی
ئەنتیپاسی فەرمانڕەوای جەلیلی کردبوو لەبەر ئەوەی
کە هێرۆدیای براژنی خۆی هێنابوو و هەروەها لەبەر
هەموو ئەو خراپانەی کردبووی، [20]ئەم خراپەیەشی
خستە پاڵ هەموو ئەوانە، یەحیای لە زیندان
بەندکرد.

## لەئاوهەڵکێشانی عیسا

[21]کاتێك گەل هەموو لە ئاو هەڵکێشران، عیساش
لە ئاو هەڵکێشرا، کە نوێژی دەکرد ئاسمان کرایەوە،
[22]ڕۆحی پیرۆز لە شێوەی جەستەی کۆترێك لەسەری
نیشتەوە، دەنگێك لە ئاسمانەوە هات: «تۆ کوڕی
خۆشەویستمی، بە تۆ زۆر دڵشادم.»

## بنەچەی عیسا

[23]کاتێك عیسا دەستی بە خزمەتەکەی کرد تەمەنی
نزیکەی سی ساڵ بوو. وا دەزانرا کە کوڕی یوسفی،

کوڕی هەلی، [24]کوڕی مەتسات،
کوڕی لێڤی، کوڕی مەلکی،
کوڕی یەننا، کوڕی یوسف،
[25]کوڕی مەتاسیا، کوڕی ئامۆس،
کوڕی ناحوم، کوڕی هەسلی،
کوڕی نەجای، [26]کوڕی ماس،
کوڕی مەتاسیا، کوڕی شیمین،
کوڕی یوسف، کوڕی یەهوزا،
[27]کوڕی یواننا، کوڕی ڕیسا،
کوڕی زروبابل، کوڕی شەئەلتیێل،
کوڕی نیری، [28]کوڕی مەلکی،
کوڕی ئادی، کوڕی کوسام،
کوڕی ئەلمودام، کوڕی ئێر،
[29]کوڕی یەشوع، کوڕی ئەلیعەزەر،
کوڕی یوریم، کوڕی مەتسات،
کوڕی لێڤی، [30]کوڕی شیمۆن،
کوڕی یەهودا، کوڕی یوسف،
کوڕی یۆنام، کوڕی ئەلیاقیم،
[31]کوڕی مەلیا، کوڕی مەننا،

کوڕی مەتاسا، کوڕی ناتان،
کوڕی داود، ٣٢کوڕی یەسا،
کوڕی عوبێد، کوڕی بۆعەز،
کوڕی سەلمۆن، کوڕی نەحشۆن،
٣٣کوڕی عەمیناداب، کوڕی ڕام[a]،
کوڕی حەسرۆن، کوڕی پێرێز،
کوڕی یەهودا، ٣٤کوڕی یاقوب،
کوڕی ئیسحاق، کوڕی ئیبراهیم،
کوڕی تارەح، کوڕی ناحۆر،
٣٥کوڕی سەروگ، کوڕی ڕەعو،
کوڕی پەلەگ، کوڕی عێبەر،
کوڕی شالەح، ٣٦کوڕی کێنان،
کوڕی ئەرپەکشاد، کوڕی سام،
کوڕی نوح، کوڕی لامەخ،
٣٧کوڕی مەتوشالح، کوڕی حەنۆخ،
کوڕی یارەد، کوڕی مەهلەلئێل،
کوڕی قێنان، ٣٨کوڕی ئەنۆش،
کوڕی شیت، کوڕی ئادەم،
کوڕی خودایە.

## شەیتان عیسا تاقی دەکاتەوە

٤ عیسا پڕ ببوو لە ڕۆحی پیرۆز کە ڕووباری
ئوردونی بەجێهێشت، ڕۆحەکە بەرەو
چۆڵەوانی ڕێنمایی کرد. ٢چل ڕۆژ ئیبلیس تاقی
دەکردەوە. بە درێژایی ئەو ڕۆژانە هیچی نەخوارد،
کاتێک ماوەکە تەواو بوو برسی بوو.
٣ئیبلیس پێی گوت: «ئەگەر تۆ کوڕی خودایت،
بەم بەردە بڵێ با ببێتە نان.»
٤عیسا وەڵامی دایەوە: «نووسراوە: ﴿مرۆڤ تەنها
بە نان ناژیێت.﴾[b]»
٥ئینجا ئیبلیس عیسای بردە شوێنێکی بەرز و لە
چاوتروکانێکدا هەموو شانشینەکانی جیهانی پیشان
دا و ٦پێی گوت: «هەموو ئەم دەسەڵات و شکۆیەی
ئەوان دەدەمە تۆ، چونکە دراوەتە من و منیش

[a] ٣٣ یۆنانی: ئارنی.
[b] ٤ دواوتار ٣:٨

دەیدەم بە هەرکەسێك کە بمەوێت. ٧لەبەر ئەوە
ئەگەر لەبەردەمم کڕنۆش ببەیت، هەمووی بۆ تۆ
دەبێت.»
٨عیساش وەڵامی دایەوە: «نووسراوە: ﴿کڕنۆش
بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو
دەپەرستیت.﴾[c]»
٩ئینجا ئیبلیس بۆ ئۆرشەلیمی برد و لەسەر
گوێسەبانەی[d] پەرستگا ڕایگرت و پێی گوت: «ئەگەر
تۆ کوڕی خودایت لێرەوە خۆت هەڵبدە خوارەوە.
١٠لەبەر ئەوەی نووسراوە:

«﴿سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی
دەدات،
بۆ ئەوەی بتپارێزن،
١١لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن
تاکو پێت بەر بەردێك نەکەوێت.﴾[e]»

١٢عیساش وەڵامی دایەوە: «گوتراوە: ﴿یەزدانی
پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە.﴾[f]»
١٣کاتێك ئیبلیس هەموو تاقیکردنەوەیەکی تەواو
کرد، بەجێی هێشت هەتا دەرفەتێکی دیکە.

## عیسا لە ناسیرە دەردەکرێ

١٤عیسا بە هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە گەڕایەوە
جەلیل، ناوبانگی لە هەموو دێیەکانی دەوروپشت
بڵاو بووەوە. ١٥لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و
هەموو ستایشیان دەکرد.
١٦هاتە ناسیرە کە لێی گەورە بووە، وەك نەریتی
خۆی ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت و بۆ خوێندنەوە
هەستا. ١٧پەڕتووکی[g] ئیشایا پێغەمبەریان دایێ و
کردیەوە، ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە تێیدا نووسراوە:

[c] ٨ دواوتار ٦:١٣
[d] ٩ سواندە.
[e] ١١ زەبوورەکان ٩١:١١،١٢.
[f] ١٢ دواوتار ٦:١٦
[g] ١٧ هەر پەڕتووکێکی پەیمانی کۆن بە تەنها لەسەر پێست دەنووسرا و دەپێچرایەوە.

١٨ «ڕۆحی یەزدان بەهێزم دەکات،
چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ مژدەدان بە
هەژاران،
منی ناردووە بۆ جاڕدانی ئازادی بەدیلگیراون،
هەروەها گەڕانەوەی بینایی بۆ کوێران،
بۆ ئازادکردنی ستەملێکراوان و
١٩ ڕاگەیاندنی ساڵی ڕەزامەندی یەزدان.[a]»

٢٠ ئینجا نووسراوە پیرۆزەکەی پێچایەوە، دایەوە
خزمەتکارەکە و دانیشت. هەموو ئەوانەی لە
کەنیشت بوون چاویان تێبڕی بوو. ٢١ دەستی کرد بە
قسەکردن و گوتی: «ئەمڕۆ ئەم نووسراوە پیرۆزەی
گوێتان لێبوو هاتە دی.»
٢٢ هەموو شایەتییان بۆ دەدا، سەرسام بوون لەو
پەیامە پڕ لە نیعمەتەی لە دەمی دەهاتە دەرەوە،
دەیانگوت: «ئەمە کوڕەکەی یوسف نییە؟»
٢٣ عیسا پێی فەرموون: «بێگومان ئەم پەندەم
پێ دەڵێن: ئەی پزیشك چارەسەری خۆت بکە!
ئەوەی بیستمان و لە کەفەرناحوم کردت، لێرەش لە
شارەکەتدا بیکە.»
٢٤ هەروەها فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، هیچ
پێغەمبەرێك لە شارەکەی خۆی پەسەند ناکرێت.
٢٥ لە ڕاستیدا پێتان دەڵێم، لە سەردەمی ئەلیاس
زۆر بێوەژن لە ئیسرائیلدا هەبوون، کاتێك سێ ساڵ
و شەش مانگ باران نەباری، لە هەموو خاکەکەدا
بووە قاتوقڕییەکی گەورە، ٢٦ بەڵام ئەلیاس بۆ ئەوان
نەنێردرا، بەڵکو بۆ بێوەژنێك لە شاری سەرەفەند
لە ناوچەی سەیدا. ٢٧ لە سەردەمی ئەلیشەع
پێغەمبەریش زۆر گول لە ئیسرائیلدا هەبوون،
هیچیان پاك نەبوونەوە، نەعمانی سوری نەبێت.»
٢٨ هەموو ئەوانەی لە کەنیشتەکە بوون، کاتێك
ئەمەیان بیست لێی تووڕە بوون. ٢٩ دەریانکردە
دەرەوەی شار، بردیانە سەر لێواری ئەو چیایەی
شارەکەیانی لەسەر بنیاد نرابوو، تاکو فڕێیبدەنە
خوارەوە. ٣٠ بەڵام ئەو بە ناویاندا تێپەڕی و ڕۆیشت.

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

٣١ پاشان عیسا بەرەو کەفەرناحوم دابەزی، کە
شارێکی ناوچەی جەلیلە و لە ڕۆژی شەممەدا
خەڵکەکەی فێردەکرد. ٣٢ لە فێرکردنەکەی سەرسام
بوون، چونکە وتەکانی بە دەسەڵاتەوە بوو.
٣٣ لە کەنیشتەکەدا پیاوێك هەبوو ڕۆحی پیسی
تێدابوو. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ٣٤ «ئای!
عیسای ناسیرەیی چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی
لەناومان ببەیت؟ دەزانم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی
خودایت.»
٣٥ عیسا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: «بێدەنگ بە!
لێی وەرە دەرەوە!» ڕۆحە پیسەکە لەناوەندیان
پیاوەکەی بە زەویدا دا و لێی دەرچوو، هیچ زیانیشی
پێ نەگەیاند.
٣٦ خەڵکەکەش هەموو سەرسام بوون و بە
یەکتریان دەگوت: «ئەمە چ وتەیەکە؟ بە دەسەڵات
و هێزەوە فەرمان بە ڕۆحە پیسەکان دەدات و
دەردەچن.» ٣٧ ئیتر هەواڵی لە هەموو ناوچەکانی
دەوروبەر بڵاو بووەوە.

## چاککردنەوەی خەڵکێکی زۆر

٣٨ عیسا لە کەنیشت هەستا و چووە ماڵی شیمۆن.
خەسووی شیمۆن تایەکی توندی هەبوو، لەبەر
ئەو تکایان لێکرد. ٣٩ ئەویش هاتە سەری، فەرمانی
بە تایەکە کرد و بەریدا. دەستبەجێ هەستایەوە و
خزمەتی کردن.
٤٠ کاتی ڕۆژئاوابوون، هەموو نەخۆشەکانیان
هێنایە لای عیسا، بە نەخۆشی جۆراوجۆرەوە، ئەویش
دەستی لەسەر هەریەکەیان دانا و چاکیکردنەوە.
٤١ ڕۆحی پیسی لە زۆریان دەرکرد، ڕۆحەکان
هاواریان دەکرد: «تۆ کوڕی خودای!» ئەویش لێی
ڕادەخوڕین و نەیدەهێشت بدوێن، چونکە دەیانزانی
مەسیحەکەیە.
٤٢ کاتێك ڕۆژ هەڵات، هەستا و چووە جێگایەکی
چۆڵ، خەڵکەکەش بەدوایدا دەگەڕان و هاتنە لای،
ڕایانگرت تاکو لەلایان نەڕوات. ٤٣ بەڵام پێی فەرموون:

[a] ١٩ ئیشایا ٦١:١،٢.

«لەسەرمە مزگێنی پاشایەتی خودا بدەمە شارەکانی
دیکەش، چونکە بۆ ئەمە نێردراوم.» ٤٤ئیتر بەردەوام
لە کەنیشتەکانی یەهودیا پەیامی خودای ڕادەگەیاند.

## عیسا قوتابییەکانی بانگ دەکات

٥ ڕۆژێکیان عیسا لە کەناری دەریاچەی
جەنیسارەت ڕاوەستابوو، خەڵکی پاڵەپەستۆیان
دەکرد تاکو گوێ لە پەیامی خودا بگرن، ٢دوو
بەلەمی لە کەناری دەریاچەکە بینی، ماسیگرەکان
بەجێیان هێشتبوو و تۆڕەکانیان دەشوشت. ٣چووە
ناو یەکێکیان، هی شیمۆن بوو، داوای لێکرد کەمێك
لە وشکانی دووری بخاتەوە، ئینجا دانیشت و لەناو
بەلەمەکەوە خەڵکەکەی فێردەکرد.
٤کاتێك وتەکانی تەواو کرد بە شیمۆنی فەرموو:
«دووری بخەرەوە بۆ قووڵایی و تۆڕەکانتان بۆ
ڕاوکردن فڕێبدەن.»
٥شیمۆن وەڵامی دایەوە: «گەورەم، بە درێژایی
شەو زۆر هەوڵمان دا و هیچمان نەگرت. بەڵام لەبەر
قسەی تۆ، تۆڕەکان فڕێدەدەم.»
٦کاتێك ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆریان گرت،
خەریك بوو تۆڕەکانیان بدڕێت. ٧جا ئیشارەتیان بۆ
هاوکارانی ناو بەلەمەکەی دیکە کرد، تاکو بێن و
یارمەتییان بدەن، ئیتر هاتن و هەردوو بەلەمەکەیان
پڕکرد، هەتا وای لێهات خەریك بوو نوقوم ببن.
٨شیمۆن پەترۆس کە ئەمەی بینی، خۆی خستە
بەرپێی عیسا و گوتی: «گەورەم، لێم دووربکەوە،
چونکە مرۆڤێکی گوناهبارم!» ٩پەترۆس و هەموو
ئەوانەی لەگەڵی بوون لە زۆری ئەو ماسییانەی
گرتبوویان سەریان سوڕمابوو، ١٠یاقوب و یۆحەنای
کوڕەکانی زەبدیش، هاوبەشی شیمۆن بوون.
عیسا بە شیمۆنی فەرموو: «مەترسە! ئیتر تۆ لە
ئێستاوە مرۆڤ ڕاو دەکەیت[a].» ١١لەدوای ئەوەی
بەلەمەکانیان هێنایە وشکانی، هەموو شتێکیان
بەجێهێشت و دوای عیسا کەوتن.

[a] ١٠ مەبەست لە بەدەستهێنانی خەڵکە تاکو ببنە قوتابی مەسیح.

## پاککردنەوەی گولێك

١٢کاتێك عیسا لە یەکێك لە شارەکان بوو، پیاوێك
هات کە بە تەواوی گول ببوو. کە عیسای بینی
خۆی بە زەویدا دا و لێی پاڕایەوە: «گەورەم، ئەگەر
بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە.»
١٣عیساش دەستی بۆ درێژکرد و دەستی لێدا،
فەرمووی: «دەمەوێت، پاك بەرەوە.» ئیتر یەکسەر
گولییەکەی لێبووەوە.
١٤عیسا ڕایسپارد: «بە کەس مەڵێ، بەڵام بڕۆ
خۆت بە کاهین پیشان بدە و بۆ پاکبوونەوەکەت
ئەو قوربانییەی موسا فەرمانی کردووە بیکە، وەك
شایەتییەك بۆیان.»
١٥بەڵام هەواڵی ئەو زیاتر بڵاو بووەوە، جا
خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە تاکو گوێ بگرن
و نەخۆشییەکانیان چاك بێتەوە. ١٦بەڵام ئەو
دووردەکەوتەوە بۆ چۆڵەوانی و نوێژی دەکرد.

## دەسەڵاتی گوناه بەخشین

١٧ڕۆژێکیان عیسا خەریکی فێرکردن بوو،
فەریسی[b] و مامۆستایانی تەوراتیش[c] کە لە هەموو
گوندەکانی جەلیل و یەهودیا و ئۆرشەلیمەوە
هاتبوون دانیشتبوون، توانای یەزدانیشی تێدابوو بۆ
چاککردنەوە. ١٨چەند پیاوێك هاتن ئیفلیجێکیان بە
جێگاکەیەوە هێنا و دەیانویست بیبەنە ژوورەوە و
لەبەردەمی دایبنێن. ١٩کاتێك لەبەر زۆری خەڵکەکە
ڕێیان نەبوو بیبەنە ژوورەوە، سەرکەوتنە سەربان
و بە جێگاکەیەوە بە نێوان خشتەکاندا[d] شۆڕیان
کردەوە بۆ ناوەڕاستیان بۆ بەردەم عیسا.
٢٠کە عیسا باوەڕی ئەوانی بینی، فەرمووی: «کابرا،
گوناهەکانت بەخشران.»

[b] ١٧ یان پەرەشین، مەزهەبێکی جولەکە بوون، لە بەجێگەیاندنی تەورات توندڕەو بوون.

[c] ١٧ مالم.

[d] ١٩ لەو سەردەمەدا لە سەربانی خانووەکاندا کولانکەیەکی گەورە هەبووە بۆ هەواگۆڕکێ لە زستان و هاویندا، بە خشت داپۆشراوە.

[٢١]مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان بیریان کردەوە و لە خۆیان پرسی: «ئەمە کێیە کفر دەکات؟ بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟»

[٢٢]بەڵام عیسا زانی بیر لە چی دەکەنەوە، وەڵامی دانەوە: «بۆچی لە دڵتاندا بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟ [٢٣]کامیان ئاسانترە، بگوترێت: ”گوناهەکانت بەخشران،“ یان بگوترێت: ”هەستە و بڕۆ“؟ [٢٤]بەڵام تاکو بزانن کوڕی مرۆڤ[a] لەسەر زەوی دەسەڵاتی هەیە گوناه ببەخشێت،...» بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «پێت دەڵێم: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوە ماڵەوە.» [٢٥]دەستبەجێ لەبەرچاویان هەستا، ئەوەی لەسەری ڕاکشابوو هەڵیگرت و چووەوە ماڵی خۆی، ستایشی خوداشی دەکرد. [٢٦]هەموویان سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، ترس دایگرتن و گوتیان: «ئەمڕۆ شتی سەرسوڕهێنەرمان بینی.»

## عیسا بۆ گوناهباران هاتووە

[٢٧]لەدوای ئەمانە عیسا ئەوێی بەجێهێشت، باجگرێکی بینی ناوی لێڤی بوو، لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو: «دوام بکەوە.» [٢٨]ئەویش هەموو شتێکی بەجێهێشت، هەستا و دوای کەوت.

[٢٩]لێڤی لە ماڵی خۆیدا میوانداریيەکی گەورەی بۆ کرد، زۆر لە باجگران و خەڵکی دیکە لەگەڵیان لەسەر خوان بوون. [٣٠]بەڵام فەریسی و مامۆستایانی تەورات کە فەریسی بوون بۆڵەبۆڵیان بەسەر قوتابییەکانیدا کرد و گوتیان: «بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران دەخۆن و دەخۆنەوە؟»

[٣١]عیساش وەڵامی دانەوە: «لەشساغ پێویستی بە پزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش. [٣٢]نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبەکردن.»

## لەبارەی ڕۆژوو

[٣٣]ئینجا پێیان گوت: «قوتابییەکانی یەحیا زۆر ڕۆژوو دەگرن و نوێژ دەکەن، هەروەها ئەوانەی فەریسییەکان، بەڵام ئەوانەی تۆ دەخۆن و دەخۆنەوە.»

[٣٤]عیساش پێی فەرموون: «ئایا دەتوانن وا بکەن بانگهێشتکراوانی زەماوەند بەڕۆژوو بن، کاتێك زاوا لەگەڵیاندایە؟ [٣٥]بەڵام ڕۆژێك دێت کە زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن.»

[٣٦]هەروەها نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «هیچ کەس پارچەیەك لە جلوبەرگێکی نوێ ناکاتەوە بۆ ئەوەی جلوبەرگێکی کۆنی پێ پینە بکات، چونکە جلوبەرگە نوێیەکە دەدرێت و پینە نوێیەکەش لەگەڵ جلوبەرگە کۆنەکە ناگونجێت. [٣٧]کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو مەشکەی کۆنەوە، چونکە شەرابە نوێیەکە مەشکەکە دەدڕێنێت و دەڕژێت، مەشکەکەش لەناودەچێت. [٣٨]کەواتە پێویستە شەرابی نوێ بکرێتە مەشکەی نوێوە. [٣٩]کەسیش نییە شەرابی کۆن بخواتەوە و ئارەزووی نوێ بکات، چونکە دەڵێت ”کۆنەکە خۆشترە.“»

## گەورەی ڕۆژی شەممە

٦ لە ڕۆژی شەممەدا عیسا بەناو دەغڵدا تێدەپەڕی، قوتابییەکانی گوڵەگەنمیان لێدەکردەوە، لەناو دەستیان دەیانپرواند و دەیانخوارد. [٢]هەندێك فەریسی لێیان پرسین: «بۆچی ئەوەی لە ڕۆژی شەممەدا دروست نییە دەیکەن؟»

[٣]عیسا وەڵامی دایەوە: «ئایا نەتانخوێندووەتەوە داود چی کرد، کاتێك خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون برسییان بوو؟ [٤]چۆن چووە ماڵی خودا و نانی تەرخانکراوی[b] برد و خواردی، دایە ئەوانەش کە لەگەڵی بوون، ئەو نانەی کە دروست نییە بخورێت

---

[a] ٢٤ کوڕی مرۆڤ: مەسیح بەم نازناوە خۆی دەناسێنێت. بڕوانە دانیال ٧:١٣-١٤.

[b] ٤ ئەم نانە پێشکەشی خودا کراوە لە پەرستگا و بۆی تەرخانکراوە، تەنها کاهینان بۆیان هەبوو لەو نانە بخۆن. بڕوانە دەرچوون ٢٥:٣٠.

بۆ کاهینان نەبێت؟»[a] ٥ئینجا پێی فەرموون: «کوڕی
مرۆڤ خۆی گەورەی ڕۆژی شەممەیە.»
٦لە ڕۆژی شەممەیەکی دیکەدا، چووە ناو
کەنیشت و خەڵکی فێردەکرد. پیاوێك لەوێ بوو
دەستی ڕاستی وشك ببوو. ٧مامۆستایانی تەورات
و فەریسییەکان سەیری عیسایان دەکرد، ئاخۆ لە
ڕۆژی شەممەدا خەڵکی چاك دەکاتەوە، تاکو شتێکی
لێ بدۆزنەوە و تاوانباری بکەن. ٨بەڵام عیسا بە
بیرکردنەوەیانی زانی، بە پیاوە دەست وشکبووەکەی
فەرموو: «هەستە و لەناوەڕاستدا ڕابوەستە.» ئەویش
هەستا و ڕاوەستا.
٩عیسا پێی فەرموون: «لێتان دەپرسم، ئاخۆ لە
ڕۆژی شەممەدا چی دروستە، کردنی کاری باش یان
کاری خراپ؟ ڕزگارکردنی کەسێك یان لەناوبردنی؟»
١٠چاوی بە هەموویاندا گێڕا، بە پیاوەکەی فەرموو:
«دەستت درێژ بکە.» ئەویش کردی و دەستی چاك
بووەوە. ١١بەڵام ئەوان زۆر تووڕە بوون و لەگەڵ
یەکتری گفتوگۆیان دەکرد چی لە عیسا بکەن.

## دوازدە نێردراوەکە

١٢لەو ڕۆژانەدا عیسا چووە چیا تاکو نوێژ بکات،
شەوەکەی هەموو بە نوێژکردن بۆ خودا بەسەربرد.
١٣کە ڕۆژ بووەوە، قوتابییەکانی بانگکرد، دوازدەی
لێ هەڵبژاردن و ناوی لێنان نێردراوان: ١٤شیمۆن کە
ناوی لێنا پەترۆس، لەگەڵ ئەندراوسی برای، یاقوب
و یۆحەنا، فیلیپۆس و بەرتۆلماوس، ١٥مەتا و تۆماس،
یاقوبی کوڕی حەلفی و شیمۆن کە ناسراوبوو بە
دڵگەرم[b]، ١٦یەهوزای کوڕی یاقوب و یەهوزای
ئەسخەریوتی کە ناپاك دەرچوو.
١٧ئینجا عیسا لەگەڵ دوازدە قوتابییەکان هاتە
خوارەوە و لە شوێنێکی تەختایی ڕاوەستا. لەوێ
کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابییەکانی و خەڵکێکی ئێجگار
زۆر کە لە هەموو یەهودیا و ئۆرشەلیم و کەناری
سور و سەیداوە هاتبوون، ١٨هەموویان بۆ ئەوە
هاتبوون تاکو گوێی لێ بگرن و لە نەخۆشییەکانیان
چاکببنەوە، ئەوانەش کە بە دەست ڕۆحە پیسەکان
دەیانناڵاند چاکبوونەوە. ١٩هەموو خەڵکەکەش
هەوڵیان دەدا دەستی لێ بدەن، چونکە هێزی لێ
دەهاتە دەرەوە و هەمووانی چاکدەکردەوە.
٢٠ئینجا چاوی بۆ قوتابییەکانی هەڵبڕی و
فەرمووی:

«خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە، ئەی هەژاران،
چونکە شانشینی خودا بۆ ئێوەیە.
٢١خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کە ئێستا برسین،
چونکە تێر دەبن.
خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کە ئێستا دەگریێن،
چونکە پێدەکەنن.
٢٢خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێك خەڵکی ڕقی
لێتان دەبێتەوە و
کاتێك جیاتان دەکەنەوە، جنێوتان پێدەدەن و
بە بەدکار ناوتان دەبەن، لەبەر کوڕی مرۆڤ.

٢٣«لەو ڕۆژەدا دڵخۆش بن و لە خۆشیدا هەڵپەڕن،
لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونکە
باوباپیرانیشیان ئاوایان بە پێغەمبەران کردووە.

٢٤«بەڵام قوڕبەسەرتان ئەی دەوڵەمەندان،
چونکە خۆشگوزەرانی خۆتان لێرە وەرگرتووە.
٢٥قوڕبەسەرتان ئەی ئەوانەی ئێستا تێرن،
چونکە ئێوە برسی دەبن.
قوڕبەسەرتان ئەی ئەوانەی ئێستا پێدەکەنن،
چونکە ئێوە ماتەم دەگێڕن و دەگریێن.
٢٦قوڕبەسەرتان کاتێك هەموو خەڵك ستایشتان
دەکات،
چونکە باوباپیرانیان ئاوایان بۆ پێغەمبەرە
درۆزنەکان کردووە.

## دوژمنەکانتان خۆشبوێ

٢٧«بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان

[a] ٤ بڕوانە یەکەم ساموئێل ٦:٢١.

[b] ١٥ یۆنانی: زێلۆتێس . بڕوانە مەتا ٤:١٠ هەمان ناوە بەڵام لە عیبری پێی گوتراوە کانەوی و بە یۆنانیش زێلۆتێس، واتە دڵگەرم. بڕوانە مەتا ٤:١٠.

خۆشبوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، [28]ئەوانەی نەفرەتتان لێدەکەن داوای بەرەکەتیان بۆ بکەن، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان لەگەڵ دەکەن. [29]ئەگەر یەکێك لە ڕوومەتت بدات، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە. ئەگەر یەکێك چاکەتەکەت ببات، لاریت نەبێت بۆ کراسەکەشت. [30]هەرکەسێك داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەش کە شتێکت لێ دەبات لێی داوا مەکەوە. [31]چۆن دەتانەوێ خەڵکی هەڵسوکەوتتان لەگەڵ بکەن، ئێوەش بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن.

[32]«ئەگەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش ئەوانەیان خۆشدەوێت کە خۆشیان دەوێن. [33]ئەگەر باش بن لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵتان باشن، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش هەمان شت دەکەن. [34]ئەگەر قەرز بدەنە ئەوانەی کە بەو هیوایەن لێیان وەربگرنەوە، ئایا چ چاکەیەکی بۆ ئێوە تێدایە؟ تەنانەت گوناهبارانیش قەرز دەدەنە گوناهباران تاکو ئەوەندە وەربگرنەوە. [35]بەڵام ئێوە دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن و قەرز بدەن، چاوەڕێی وەرگرتنەوەش مەکەن، بەمە پاداشتتان گەورە دەبێت و دەبنە ڕۆڵەی خودای هەرەبەرز، چونکە ئەو لەگەڵ بەدنمەك و بەدکاران نەرم و نیانە. [36]بە بەزەیی بن، وەك باوکتان بە بەزەییە.

## خەڵکی تاوانبار مەکەن

[37]«حوکم مەدەن، بۆ ئەوەی خودا حوکمتان نەدات. خەڵك تاوانبار مەکەن، بۆ ئەوەی خودا تاوانبارتان نەکات. ببەخشن، خودا دەتانبەخشێت. [38]بدەن، پێتان دەدرێت، پێوانەیەکی چاکی پەستێنراوی هەژێنراوی لێڕژاوتان دەخرێتە باوەش، چونکە بەو پێوانەیەی ئێوە بۆ خەڵك دەیپێون، خودا بۆتان دەیپێوێتەوە.»

[39]نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «ئایا کوێر دەتوانێت ڕابەرایەتی کوێر بکات؟ هەردووکیان ناکەونە چاڵەوە؟ [40]قوتابی لە مامۆستاکەی بەرزتر نییە، بەڵام هەرکەسێك تەواو فێربێت، وەك مامۆستاکەی لێ دێت.

[41]«بۆچی سەرنج لە پووشی ناو چاوی براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لە کاریتەکەی ناو چاوی خۆت نییە؟ [42]چۆن دەتوانی بە براکەت بڵێی: ”برام با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم“ لەکاتێکدا تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت نابینیت؟ ئەی دووڕوو، یەکەم جار تەختە دارەکەی ناو چاوت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت.

## ناسین بە بەرهەم

[43]«هیچ دارێکی باش بەری خراپ نادات و داری خراپیش بەری باش نادات. [44]هەر دارێك بە بەرەکەی دەناسرێتەوە. هەنجیر لە دڕك لێ ناکرێتەوە، لە تووتڕکیش ترێ ناڕنرێتەوە. [45]مرۆڤی چاك لە گەنجینە چاکەکەی دڵ، چاکە دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش لە خراپەوە خراپە دەردەهێنێت، چونکە ئەوەی لە دڵ هەڵدەقوڵێت دەم پێی دەدوێت.

## ئەو خانووەی بناغەکەی لە بەردە

[46]«بۆچی بە ”گەورەم، گەورەم!“ ناوم دەبەیت، کەچی ئەوەی دەیفەرمووم کاری پێ ناکەیت؟ [47]ئەوەی بۆ لام دێت و گوێ لە فەرمایشتەکانم دەگرێت و کاری پێ دەکات، نیشانتان دەدەم لە کێ دەچێت. [48]لە مرۆڤێك دەچێت خانوویێك دروستدەکات، جا زەوییەکەی هەڵکەند و قووڵی کرد و بناغەکەی لەسەر بەرد دانا، لافاو هەستا و لە خانووەکەی دا، بەڵام نەیتوانی بیجوڵێنێت، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو. [49]بەڵام ئەوەی گوێی لێبوو و پەیڕەوی نەکرد، لە مرۆڤێك دەچێت کە خانووێکی بێ بناغەی لەسەر زەوی دروستکردبێت. کاتێك لافاو هات و لە خانووەکەی دا، دەستبەجێ بە تەواوی ڕووخا.»

## چاککردنەوەی خزمەتکاری سەرپەلێک

٧ لەدوای ئەوەی عیسا لە وتەکانی بووەوە بۆ ئەو خەڵکەی کە گوێیان لێدەگرت، چووە ناو کەفەرناحوم. ٢سەرپەلێک[a] کۆیلەیەکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، نەخۆش بوو و لەسەرە مەرگدا بوو. ٣کاتێک هەواڵی عیسای بیست، پیرانی جولەکەی ناردە لای و داوای لێکرد بێت بۆ ئەوەی کۆیلەکەی چاک بکاتەوە. ٤هاتنە لای عیسا و لە ناخی دڵەوە لێی پاڕانەوە و گوتیان: «شایانی ئەوەیە کە ئەمەی بۆ بکەیت، ٥چونکە گەلی ئێمەی خۆشدەوێت و کەنیشتی بۆمان دروستکردووە.» ٦عیساش لەگەڵیان چوو.

بەڵام زۆری نەمابوو بگاتە ماڵەکە کە سەرپەلەکە هاوڕێکانی نارد پێی بڵێن: «گەورەم، ئەزیەت مەکێشە، شایانی ئەوە نیم تۆ خۆت بێیتە ماڵەکەم، ٧لەبەر ئەوە خۆمم بە شایانی ئەوە نازانی کە بێمە لات. بەڵام وشەیەک بفەرموو، خزمەتکارەکەم چاکدەبێتەوە، ٨چونکە منیش مرۆڤێکم لەژێر دەسەڵاتدام، سەربازیشم لەژێر دەستدایە. بەمە دەڵێم: "بڕۆ،" دەڕوات؛ بەوی دیکەش دەڵێم: "وەرە،" دێت؛ بە کۆیلەکەشم دەڵێم: "ئەمە بکە،" دەیکات.»

٩کاتێک عیسا گوێی لەمە بوو، پێی سەرسام بوو، ئینجا ئاوڕی لەو خەڵکە دایەوە کە دوای کەوتبوون، فەرمووی: «پێتان دەڵێم، لە ئیسرائیلدا باوەڕێکی بەهێزی ئاوام نەدیوە.» ١٠ئەوانەی نێردرابوون گەڕانەوە ماڵەکە، بینییان کۆیلەکە چاک بووەتەوە.

## زیندووکردنەوەی مردوو

١١بۆ ڕۆژی پاشتر، عیسا بۆ شارێک چوو ناوی نایین بوو، قوتابییەکانی و خەڵکێکی زۆری لەگەڵ چوون. ١٢کاتێک لە دەروازەی شارەکە نزیک بووەوە، تەرمێکی بینی بەسەر شانی خەڵکەوە، ئەویش کوڕە تاقانەی بێوەژنێک بوو، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو. ١٣کاتێک مەسیح ژنەکەی بینی، دڵی پێی سووتا و پێی فەرموو: «مەگریێ.»

١٤ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی لە دارەمەیتەکە[b]دا، هەڵگرانی ڕاوەستان. فەرمووی: «ئەی کوڕی گەنج، پێت دەڵێم، هەستە!» ١٥مردووەکە ڕاستبووەوە و دەستی کرد بە قسەکردن، عیساش دایەوە دەست دایکی.

١٦هەموو ترسیان لێ نیشت، ستایشی خودایان کرد، گوتیان: «لەناوماندا پێغەمبەرێکی مەزن دەرکەوتووە، خوداش گەلەکەی خۆی بەسەرکردەوە!» ١٧ئەم هەواڵەی ئەو لە هەموو یەهودیا و هەموو ناوچەکانی دەوروپشت بڵاو بووەوە.

## عیسا و حەزرەتی یەحیا

١٨قوتابییەکانی یەحیا هەموو ئەمانەیان بە یەحیا ڕاگەیاند. ئەویش دووان لە قوتابییەکانی بانگکرد و ١٩ناردنی بۆ لای مەسیحی خاوەن شکۆ بۆ ئەوەی لێی بپرسن: «ئایا تۆیت ئەوەی دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟»

٢٠پیاوەکان هاتنە لای عیسا، گوتیان: «یەحیای لەئاوهەڵکێش ئێمەی بۆ لات ناردووە، دەڵێت: "تۆی ئەوەی دێت، یان چاوەڕێی یەکێکی دیکە بکەین؟"»

٢١لەو کاتەدا عیسا زۆر کەسی لە نەخۆشی و دەرد و ڕۆحە پیسەکان چاککردەوە، بینایی بە چاوی زۆر لە کوێرەکان بەخشی. ٢٢ئینجا لە وەڵامدا پێی فەرموون: «بڕۆن چیتان بینی و بیستتان بە یەحیای ڕابگەیەنن، کوێر دەبینێت، شەل دەڕوات، گەڕوگول پاک دەبێتەوە، کەڕ دەبیستێت، مردوو هەڵدەستێتەوە و هەژار مزگێنی پێدەدرێت. ٢٣خۆزگە دەخوازرێت بەوەی لە من بێ هیوا نابێت.»

٢٤کاتێک نێردراوانی یەحیا ڕۆیشتن، عیسا ڕووی لە خەڵکەکە کرد و سەبارەت بە یەحیا فەرمووی: «بۆ بینینی چی چوونە چۆڵەوانی؟ قامیشێک کە با دەیجوڵێنێتەوە؟ ٢٥ئەی بۆ بینینی چی چوون؟ مرۆڤێک کە جلوبەرگی گرانبەهای پۆشیوە؟ نەخێر، ئەوانەی

[a] ٢ وشە یۆنانییەکە مەبەست لە سەرکردەی سەد سەربازە لە سوپای ڕۆم.

[b] ١٤ دارەبازە.

جلوبەرگی گرانبەها دەپۆشن و خۆش ڕادەبوێرن لە
کۆشکەکان دەژین. ٢٦ئەی بۆ بینینی چی چوون؟
پێغەمبەرێك؟ بەڵێ، پێتان دەڵێم، لە پێغەمبەریش
مەزنتر. ٢٧یەحیا ئەو کەسەیە کە دەربارەی نووسراوە:

«﴾من نێردراوی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم،
ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات.﴿[a]

٢٨من پێتان دەڵێم: لەنێو ئەوانەی لە ژن لەدایك بوون،
کەس لە یەحیا پایەبەرزتر نییە، بەڵام بچووکترینی
ئەوەی لە شانشینی خودایە لەو پایەبەرزترە.»
٢٩هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو، تەنانەت
باجگرانیش دانیان بە دادپەروەری خودا نا، چونکە
بە دەستی یەحیا لە ئاو هەڵکێشرا بوون. ٣٠بەڵام
فەریسی و تەوراتناس خواستی خودایان دەرهەق بە
خۆیان ڕەتکردەوە، چونکە لەسەر دەستی ئەو لە ئاو
هەڵنەکێشرابوون.
٣١عیسا بەردەوام بوو و فەرمووی: «ئەم نەوەیە
بە چی بەراورد بکەم؟ لە چی دەچن؟ ٣٢لەو منداڵانە
دەچن کە لە بازاڕدا دانیشتوون یەکتری بانگ دەکەن
و دەڵێن:

«”زوڕنامان بۆ لێدان و هەڵنەپەڕین،
شینمان بۆ کردن و نەگریان.“

٣٣یەحیای لەئاوهەڵکێش هات، نە نان دەخوات و نە
شەراب دەخواتەوە، گوتتان: ”ڕۆحی پیسی تێدایە.“
٣٤کوڕی مرۆڤ هات، دەخوات و دەخواتەوە، گوتتان:
”ئەمە کابرایەکی نەوسن و مەیخۆرە، هاوڕێی
باجگران و گوناهبارانە.“ ٣٥بەڵام دانایی ڕاستەقینە لە
بەرهەمەکەی دەسەلمێنرێت.»

## لێخۆشبوون و خۆشەویستی

٣٦یەکێك لە فەریسییەکان داوای لە عیسا کرد نانی
لەگەڵ بخوات، ئەویش چووە ماڵی فەریسییەکە
و لەسەر خوان دانیشت. ٣٧لە شارەکە ئافرەتێکی
گوناهبار هەبوو، زانی عیسا لە ماڵی فەریسییەکە

[a] ٢٧ مەلاخی ١:٣

دانیشتووە، بوتڵێکی ئەلەباستەریی[b] بۆنی هێنا، ٣٨لە
دواوە بە گریانەوە لەلای پێی ڕاوەستا، پێیەکانی بە
فرمێسك تەڕ کرد و بە قژی بۆی سڕییەوە، پێیەکانی
ماچکرد و بە بۆنەکە چەوری کردن.
٣٩ئەو فەریسییەی کە عیسای داوەت کردبوو،
کاتێك ئەمەی بینی، لە دڵیدا گوتی: «ئەگەر ئەمە
پێغەمبەر بووایە، دەیزانی ئەم ئافرەتەی دەستی
لێدەدات کێیە و چییە، چونکە گوناهبارە.»
٤٠عیسا وەڵامی دایەوە: «شیمۆن، دەمەوێ
شتێکت پێ بڵێم.»
گوتی: «بفەرموو مامۆستا.»
٤١«کابرایەك قەرزی دابوو بە دوو کەس، بە
یەکێکیان پێنج سەد دینار[c]، ئەوەی دیکەیان پەنجا.
٤٢نەیانبوو بیدەنەوە، کابرا لە هەردووکیان خۆشبوو.
کامیان زیاتر کابرای خۆشدەوێت؟»
٤٣شیمۆن وەڵامی دایەوە: «لەو باوەڕەدام ئەوەی
پارە زۆرەکەی لەلابوو.»
پێی فەرموو: «حوکمەکەت ڕاستە.»
٤٤ڕووی کردە ئافرەتەکە و بە شیمۆنی فەرموو:
«ئەم ئافرەتە دەبینیت؟ هاتمە ماڵەکەت و ئاوت
نەدامێ بۆ ئەوەی پێیەکانم بشۆم، بەڵام ئەم بە
فرمێسك پێی تەڕ کردم و بە قژی سڕییەوە. ٤٥تۆ
ماچت نەکردم، بەڵام ئەم لەو کاتەوەی هاتوومەتە
ژوورەوە لە ماچکردنی پێیەکانم نەوەستاوە. ٤٦تۆ
زەیتت لە سەرم نەدا، بەڵام ئەم بە بۆن پێیەکانمی
چەورکرد. ٤٧لەبەر ئەم هۆیە پێت دەڵێم، گوناهە
زۆرەکانی بەخشران و ئاوا خۆشەویستییە زۆرەکەی
دەردەبڕێت[d]. بەڵام ئەوەی کەم بەخشراوە، کەم
خۆشەویستی دەردەبڕێت.»
٤٨ئینجا بە ئافرەتەکەی فەرموو: «گوناهەکانت
بەخشران.»

[b] ٣٧ لە بەردی ئەلەباستەر دروستکرابوو، ئەم جۆرە بەردە لە میسر هەیە بۆ تاشین ئاسانە و ڕەنگەکەی قاوەییە.
[c] ٤١ دینارێك کرێی ڕۆژانەی کرێکارێك بوو.
[d] ٤٧ خۆشەویستی ئافرەتەکە لە ئەنجامی لێخۆشبوونی گوناهەکانی بوو.

[٤٩]ئەوانەی لەگەڵی دانیشتبوون لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «ئەمە کێیە تەنانەت گوناهیش دەبەخشێت؟»
[٥٠]عیسا بە ئافرەتەکەی فەرموو: «باوەڕت ڕزگاری کردیت. برۆ بە سەلامەت.»

## نموونەی جوتیارێك

٨ دوای ئەمە عیسا بە هەموو شار و گوندێکدا دەگەڕا، وتار و مزگێنی پاشایەتی خودای دەدا، دوازدەکەشی لەگەڵ بوو. [٢]چەند ئافرەتێکیش کە لە ڕۆحی پیس و نەخۆشی چاکببوونەوە: مریەم کە بە مەجدەلی ناودەبردرا و حەوت ڕۆحی پیسی لێ دەرکردبوو، [٣]یوەنای ژنی خوزای بریکاری هێرۆدس، سەوسەن و زۆری دیکەش، بە ماڵی خۆیان یارمەتییان دەدان.

[٤]کاتێك خەڵکێکی ئێجگار زۆر لە هەموو شارەکانەوە هاتن بۆ لای عیسا و کۆبوونەوە، بە نموونە قسەی بۆ کردن: [٥]«جوتیارێك چووە دەرەوە تۆو بکات. کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی کەوتنە سەر ڕێگا و پێشێل بوون، باڵندەی ئاسمان خواردیانن. [٦]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی بەردەڵان، سەریان دەرکرد و وشك بوون، چونکە خاکەکە شێی نەبوو. [٧]هەندێکیش کەوتنە نێو دڕکان، دڕکەکان لەگەڵیان گەشەیان کرد و خنکاندیانن. [٨]هەندێکیش کەوتنە سەر زەوییەکی باش، ڕوان و سەد ئەوەندە بەرهەمیان دا.» ئەمانەی فەرموو و هاواری کرد: «ئەوەی گوێی بیستنی هەیە، با ببیستێت!»

## ڕوونکردنەوەی نموونەی جوتیارەکە

[٩]قوتابییەکانی لێیان پرسی کە مەبەست لەم نموونەیە چی بوو؟ [١٠]ئەویش فەرمووی: «بە ئێوە دراوە نهێنی شانشینی خودا بزانن، بەڵام بە نموونە قسە بۆ خەڵك دەکەم بۆ ئەوەی

«﴿سەیر بکەن، بەڵام نەبینن و
گوێ بگرن، بەڵام تێنەگەن.﴾[a]»

[١١]«ئەمە مەبەستی نموونەکەیە: تۆوەکە پەیامی خودایە. [١٢]ئەوانەی سەر ڕێگاکە ئەوانەن کە گوێیان لێبوو، ئینجا ئیبلیس دێت و پەیامەکە لە دڵیان دەبات، نەوەك باوەڕ بهێنن و ڕزگاریان بێت. [١٣]ئەوانەش کە کەوتنە سەر زەوییە بەردەڵانەکە، ئەوانەن کە پەیامەکە بە خۆشییەوە وەردەگرن کاتێك دەیبیستن، بەڵام ڕەگیان نییە و تاکو ماوەیەك باوەڕ دەهێنن، بەڵام کاتێك تاقی دەکرێنەوە، دەکەون. [١٤]ئەوانەی کەوتنە ناو دڕکەکان، ئەوانەن کە دەیبیستن، بە خەفەت و سامان و خۆشییەکانی ژیان دەخنکێن، بەرهەمی پێگەیشتوو نادەن. [١٥]بەڵام ئەوانەی کەوتنە سەر زەوییە چاکەکە، ئەوانەن کە بە دڵێکی چاك و باشەوە دەبیستن، پەیامەکە لە دڵیاندا دەپارێزن و بە خۆڕاگرییەوە بەرهەم دەدەن.

## ئاگاداربن چۆن گوێ دەگرن

[١٦]«کەس چرا هەڵناکات و بە تەشت دایپۆشێت، یان لەژێر نوێن دایبنێت، بەڵکو لەسەر چرادانی دادەنێت، تاکو ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن، [١٧]چونکە شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت. [١٨]کەواتە ئاگاداربن چۆن گوێ دەگرن، چونکە ئەوەی هەیەتی پێی دەدرێت، ئەوەش کە نییەتی، تەنانەت ئەوەشی کە ئەو بە هی خۆی دەزانێت لێی دەسەنرێتەوە.»

[١٩]ئینجا دایك و براکانی عیسا هاتنە لای، بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیانتوانی بگەنە لای. [٢٠]پێی گوترا: «دایك و براکانت لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ بتبینن.»

[٢١]وەڵامی دانەوە: «دایك و براکانم ئەوانەن کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری پێدەکەن.»

[a] ١٠ ئیشایا ٩:٦

## عیسا ڕەشەبا هێمن دەکاتەوە

٢٢ ڕۆژێکیان عیسا لەگەڵ قوتابییەکانی سواری
بەلەمێك بوو، پێی فەرموون: «با بپەڕینەوە ئەوبەری
دەریاچەکە.» جا بەڕێ کەوتن. ٢٣ کاتێك دەڕۆیشتن
ئەو نوست. ڕەشەبایەکیش هەڵیکردە سەر
دەریاچەکە، بەلەمەکە خەریك بوو پڕدەبوو لە ئاو و
کەوتنە مەترسییەوە.
٢٤ جا هاتنە لای، خەبەریان کردەوە و گوتیان:
«گەورەم، گەورەم، وا لەناودەچین!»
ئەویش هەستا، لە ڕەشەبا و شەپۆلەکانی ڕاخوڕی،
کۆتاییان هات و هێمن بوونەوە. ٢٥ ئینجا پێی
فەرموون: «کوا باوەڕتان؟»
ئەوانیش سەرسام بوون و ترسان، بە یەکتریان
دەگوت: «باشە ئەمە کێیە؟ فەرمان بە با و ئاویش
دەکات و گوێڕایەڵی دەبن.»

## دەرکردنی ڕۆحی پیس

٢٦ ئینجا بەرەو هەرێمی گەراسین ڕۆیشتن،
کە بەرامبەر جەلیلە. ٢٧ کاتێك عیسا دابەزیە سەر
وشکانی، پیاوێکی ئەو شارەی تووشبوو ڕۆحی پیسی
تێدابوو، دەمێك بوو جلی لەبەر نەدەکرد و لە ماڵ
نەدەژیا، بەڵکو لە گۆڕستان. ٢٨ کە عیسای بینی،
هاواری کرد و لەبەردەمی کەوت، بە دەنگی بەرز
گوتی: «چیت لە من دەوێ عیسای کوڕی خودای
هەرەبەرز؟ لێت دەپاڕێمەوە ئەشکەنجەم نەدەی!»
٢٩ چونکە عیسا فەرمانی بە ڕۆحە پیسەکە دابوو
لە پیاوەکە بێتە دەرەوە. زۆر جار ڕۆحە پیسەکە
دەیگرت، هەرچەندە بە کۆت و زنجیر دەبەسترایەوە
و چاودێری دەکرا، بەڵام کۆتەکانی دەشکاند و ڕۆحی
پیس بەرەو چۆڵەوانی دەیبرد.
٣٠ عیسا لێی پرسی: «ناوت چییە؟»
گوتی «لێگیۆن[a]» چونکە زۆر ڕۆحی پیسی
تێچووبوو. ٣١ لێی دەپاڕانەوە نەوەك فەرمانیان پێ
بکات بەرەو بیری بێ بن[b] بڕۆن.
٣٢ لەوێ ڕانە بەرازێکی زۆر لە شاخ دەلەوەڕان،
لێی پاڕانەوە کە ڕێیان بدات بچنە ناویانەوە، ئەویش
ڕێی پێدان. ٣٣ ڕۆحە پیسەکان لە پیاوەکە هاتنە
دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکانەوە، ڕانەکەش لە
قەراغی شاخەکەوە بۆ ناو دەریاچەکە هەڵدێران و
خنکان.
٣٤ کاتێك شوانەکان ئەم ڕووداوەیان بینی، ڕایانکرد
و هەواڵیان دا بە شار و کێڵگەکان. ٣٥ ئینجا خەڵکەکە
چوون تاکو ئەوەی ڕوویداوە ببینن، هاتنە لای عیسا
و بینییان ئەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکانی لێ دەرچوو
بوو پۆشتەیە و ئاقڵە، لەبەرپێی عیسا دانیشتووە،
ئیتر ترسان. ٣٦ ئەوانەی بینیبوویان بۆ خەڵکەکەیان
گێڕایەوە، چۆن ئەوەی ڕۆحی پیسی تێدابوو چاك
بووەتەوە. ٣٧ هەموو کۆمەڵانی هەرێمی گەراسین
داوایان لە عیسا کرد لەلایان بڕوات، چونکە ترسێکی
زۆریان لێ نیشتبوو، ئەویش سواری بەلەمەکە بوو و
گەڕایەوە.
٣٨ ئەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکانی لێ دەرکرا بوو،
لێی دەپاڕایەوە کە لەگەڵی بێت، بەڵام عیسا ڕەوانەی
کرد و فەرمووی: ٣٩ «بۆ ماڵی خۆت بگەڕێوە و ئەوەی
خودا بۆی کردی، بیگێڕەوە.» ئەویش ڕۆیشت و بە
هەموو شارەکەی ڕاگەیاند کە عیسا چی بۆ کردبوو.

## کچێکی مردوو و ژنێکی نەخۆش

٤٠ کاتێك عیسا گەڕایەوە خەڵکەکە پێشوازییان
لێکرد، چونکە هەموو چاوەڕێیان دەکرد. ٤١ پیاوێك
کە ناوی یایرۆس و پێشەوای کەنیشت بوو، هات و
لەبەرپێی عیسادا کەوت، لێی پاڕایەوە تاکو بچێتە
ماڵەکەی، ٤٢ چونکە کچە تاقانەکەی کە تەمەنی
نزیکەی دوازدە ساڵ بوو لە سەرەمەرگدا بوو.
کاتێك عیسا دەڕۆیشت خەڵکەکە پاڵەپەستۆیان
دەکرد. ٤٣ ژنێك دوازدە ساڵ خوێنبەربوونی هەبوو،

[a] ٣٠ لێگیۆن: لەشکر

[b] ٣١ یۆنانی: ئەبیسۆس. شوێنێکی زۆر قووڵە، ڕۆحی پیس و مردووانی تێدا بەند دەکرێت.

هەموو ئەوەی هەیبوو دابووی بە پزیشك، كەسیش
نەیتوانی چاكی بكاتەوە. ٤٤جا لە دواوە هات و
دەستی لە چمكی كراسەكەی عیسا دا، دەستبەجێ
خوێنبەربوونەكەی وەستا.
٤٥عیسا فەرمووی: «كێ بوو دەستی لێدام؟»
كە هەموو نكۆڵییان كرد، پەترۆس گوتی: «گەورەم،
خەڵكەكە لە دەوروپشتتن و پاڵەپەستۆ دەكەن.»
٤٦بەڵام عیسا فەرمووی: «یەكێك دەستی لێدام،
چونكە هەستم بە هێزێك كرد لێم چووە دەرەوە.»
٤٧ژنەكە بینی ئەوەی كردی ناشاردرێتەوە،
بە لەرزەوە هات و كەوتە بەرپێی، لەبەرچاوی
هەمووان ڕایگەیاند كە بۆچی دەستی لێداوە و
چۆن دەستبەجێ چاك بووەتەوە. ٤٨عیساش پێی
فەرموو: «كچم، باوەڕەكەت تۆی چاككردەوە، بڕۆ بە
سەلامەت.»
٤٩هێشتا عیسا قسەی دەكرد، یەكێك لە ماڵی
پێشەوای كەنیشتەوە هات و گوتی: «كچەكەت مرد،
ئیتر ئەزیەت مەخەرە بەر مامۆستا.»
٥٠عیساش ئەمەی بیست و وەڵامی دایەوە:
«مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێت ئەو چاكدەبێتەوە.»
٥١گەیشتە ماڵەكە و نەیهێشت كەس لەگەڵی
بچێتە ژوورەوە، پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب و دایك و
باوكی منداڵەكە نەبێت. ٥٢هەموو دەگریان و شینیان
بۆ دەگێڕا، ئەویش فەرمووی: «مەگریێن نەمردووە،
بەڵكو نوستووە.»
٥٣خەڵكەكە پێی پێكەنین، چونكە دەیانزانی
مردووە. ٥٤بەڵام دەستی كچەكەی گرت، بانگی
كرد و فەرمووی: «كیژۆڵە، هەستە!» ٥٥ئیتر ڕۆحی
هاتەوە بەر و دەستبەجێ هەستا، ئەوسا فەرمانی دا
نانی بدەنێ. ٥٦دایك و باوكی سەریان سوڕما، بەڵام
ڕایسپاردن ئەوەی ڕوویداوە بە كەسی نەڵێن.

## عیسا دوازدە نێردراوەكە دەنێرێ

٩ كاتێك دوازدەكەی[a] بانگكرد، هێز و دەسەڵاتی
پێدان بۆ دەركردنی هەموو ڕۆحە پیسەكان و
چاككردنەوەی نەخۆشییەكان، ٢ناردنی تاكو مزگێنی
پاشایەتی خودا بدەن و نەخۆش چاك بكەنەوە. ٣پێی
فەرموون: «بۆ ڕێگا هیچ هەڵمەگرن، نە گۆچان و
نە توورەكە، نە نان و نە پارە، كەسیش دوو كراسی
نەبێت. ٤چوونە هەر ماڵێك لەوێ بمێننەوە هەتا ئەو
كاتەی لەو شوێنە بەڕێ دەكەون. ٥ئەگەر خەڵكەكەی
پێشوازییان لێ نەكردن، لە شارۆچكەكەیان
بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەكێنن، بۆ شایەتی
لەسەریان.» ٦جا بەڕێكەوتن و بە گوندەكاندا
دەگەڕان، مزگێنییان دەدا و لە هەموو لایەك
خەڵكیان چاكدەكردەوە.
٧هێرۆدسی ئەنتیپاسی فەرمانڕەوای جەلیل
هەموو ئەو شتانەی بیستەوە كە ڕوویدەدا و سەری
سوڕما، چونكە هەندێك دەیانگوت: «یەحیا لەناو
مردووان هەستاوەتەوە.» ٨هەندێكیش دەیانگوت:
«ئەلیاس دەركەوتووە.» كەسانی دیكەش: «یەكێك لە
پێغەمبەرانی كۆن زیندووبووەتەوە.» ٩هێرۆدسیش
گوتی: «خۆم سەری یەحیام لێكردەوە، ئەی ئەمە
كێیە شتی وای لێ دەبیستم؟» لەبەر ئەوە هەوڵی
دەدا بیبینێت.

## تێربوونی پێنج هەزار كەس

١٠نێردراوان گەڕانەوە و ئەوەی كردبوویان بۆ
عیسایان گێڕایەوە، ئەویش ئەوانی برد و بە تەنها بۆ
شارۆچكەیەك چوون ناوی بێتسەیدا بوو. ١١بەڵام
خەڵكەكە زانییان و دوای كەوتن، ئەویش پێشوازی
لێكردن و باسی پاشایەتی خودای بۆ كردن، ئەوانەی
پێویستییان بە چاكبوونەوە بوو چاكیكردنەوە.
١٢كاتێك ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، دوازدە
قوتابییەكە هاتن و پێیان گوت: «خەڵكەكە بەڕێبكە
با بڕۆنە گوند و كێڵگەكانی دەوروبەر، تاكو لەوێ
بمێننەوە و خواردنیش پەیدا بكەن، چونكە ئێمە لێرە
لە شوێنێكی چۆڵداین.»
١٣پێی فەرموون: «ئێوە شتێكیان بدەنێ با بیخۆن.»
وەڵامیان دایەوە: «لە پێنج نان و دوو ماسی

[a] ١ دوازدە قوتابییەكەی عیسا.

زیاترمان نییە، مەگەر بڕۆین نان بۆ هەموو خەڵکەکە بکڕین.» [١٤]چونکە نزیکەی پێنج هەزار پیاو دەبوون.

ئینجا بە قوتابییەکانی فەرمووو: «بە کۆمەڵ دایاننیشێنن، هەر کۆمەڵێك نزیکەی پەنجا کەس بێت.» [١٥]جا بەم جۆرەیان کرد و هەموویان دانیشاندن. [١٦]ئینجا عیسا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و تەماشای ئاسمانی کرد، سوپاسی خودای کرد و لەتی کردن، دایە قوتابییەکان تاکو لەبەردەمی خەڵکەکەی دابنێن. [١٧]هەموو خواردیان و تێر بوون. لەو پەلکەنانەی لێیان مایەوە دوازدە سەبەتە هەڵگیرایەوە.

## پەترۆس دان بە مەسیحدا دەنێت

[١٨]کاتێك عیسا بە تەنها نوێژی دەکرد، قوتابییەکان لەگەڵی بوون، لێی پرسین: «خەڵکەکە دەڵێن من کێم؟»

[١٩]وەڵامیان دایەوە: «یەحیای لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش ئەلیاس، خەڵکی دیکەش دەڵێن کە یەکێك لە پێغەمبەرانی کۆنە زیندووبووەتەوە.»

[٢٠]پێی فەرموون: «ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟»

پەترۆس وەڵامی دایەوە: «مەسیحی[a] خودا.»

[٢١]ئەویش ئاگاداری کردنەوە و ڕایسپاردن ئەمە بە کەس نەڵێن.

## باسی مردن و هەستانەوەی عیسا

[٢٢]هەروەها فەرمووی: «کوڕی مرۆڤ دەبێت زۆر ئازار بچێژێت و پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات ڕەتی بکەنەوە، بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە.»

[٢٣]ئینجا بە هەمووانی فەرمووو: «ئەگەر یەکێك ویستی دوام بکەوێت، با نکۆڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت، [٢٤]چونکە ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێناوی من ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات[b]. [٢٥]چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت یان خۆی لە دەست بدات؟ [٢٦]ئەوەی شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، کوڕی مرۆڤیش شەرمی پێی دەبێت، کاتێك بە شکۆی خۆی و باوك و فریشتە پیرۆزەکانەوە دێتەوە. [٢٧]بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەندێك لەوانەی لێرە ڕاوەستاون مردن ناچێژن تاکو شانشینی خودا دەبینن.»

## شێوە گۆڕانی عیسا

[٢٨]نزیکەی هەشت ڕۆژ لەدوای ئەم وتانە، عیسا پەترۆس و یۆحەنا و یاقوبی برد و سەرکەوتە سەر چیایەك تاکو نوێژ بکات. [٢٩]کاتێك نوێژی دەکرد، ڕوخساری گۆڕا و جلەکانی سپی بریسکەدار هەڵگەڕان. [٣٠]دوو پیاویش لەگەڵی دەدوان، موسا و ئەلیاس بوون. [٣١]بە شکۆوە دەرکەوتن و لەبارەی بەجێهێشتنی جیهان کە دەبووایە بەم نزیکانە لە ئۆرشەلیم ڕووی بدایە، گفتوگۆیان کرد. [٣٢]بەڵام پەترۆس و هاوڕێیانی خەو چاوی قورس کردبوون، کاتێك بە تەواوی خەبەریان بووەوە شکۆی ئەو و دوو پیاوەکەیان بینی کە لەگەڵی ڕاوەستابوون. [٣٣]کاتێك پیاوەکان لە عیسا جیا دەبوونەوە، پەترۆس بە عیسای گوت: «گەورەم، پێمان باشە لێرە بین. با سێ کەپر دروستبکەین، یەکێك بۆ تۆ، یەکێك بۆ موسا، یەکێکیش بۆ ئەلیاس.» ئەمەی گوت بێ ئەوەی بزانێت باسی چی دەکات.

[٣٤]کاتێك لەم قسانەدا بوو، هەورێك هات و باڵی بەسەریاندا کێشا، کە کەوتنە ناو هەورەکە، ترسان. [٣٥]دەنگێك لەناو هەورەکەوە هات: «ئەمە کوڕی منە، ئەوەی هەڵمبژاردووە، گوێی لێ بگرن.» [٣٦]کە دەنگەکە دوا، عیسا بە تەنها بینرا. ئەوانیش بێدەنگ بوون و لەو ڕۆژانەدا لەلای کەس باسی ئەو شتانەیان نەکرد کە بینییان.

[a] ٢٠ مەسیح: بڕوانە زەبوورەکان ٢:٢

[b] ٢٤ ڕزگاربوون لە گوناه و دۆزەخی هەتاهەتایی.

## دەرکردنی شەیتان

٣٧بۆ بەیانی، کە لە کێوەکە هاتنە خوارەوە،
خەڵکێکی زۆر بەرەوپیریان هاتن. ٣٨لەنێو خەڵکەکەدا
پیاوێك هاواری کرد: «مامۆستا، لێت دەپاڕێمەوە
تەماشای کوڕەکەم بکە، چونکە تاقە کوڕمە. ٣٩ڕۆحی
پیس دەستی لێ دەوەشێنێت، کوڕەکەشم لەناکاو
هاوار دەکات و فێی لێ دێت و دەمی کەف دەکات،
بە زەحمەت وازی لێ دەهێنێت و شلوکوتی دەکات.
٤٠لە قوتابییەکانت پاڕامەوە تاکو دەریبکەن، بەڵام
نەیانتوانی.»
٤١عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەی نەوەی بێباوەڕ
و خوار، هەتا کەی لەگەڵتان بم و بەرگەتان بگرم؟
کوڕەکەت بهێنە ئێرە.»
٤٢کاتێك کوڕەکە دەهات، ڕۆحە پیسەکە ڕایتەکاند
و فێی لێ هێنا، عیساش لە ڕۆحە پیسەکەی ڕاخوڕی
و کوڕەکەی چاککردەوە، دایەوە دەست باوکی.
٤٣هەموو لە گەورەیی خودا سەرسام بوون.
کاتێك هەموو سەرسام مابوون لە هەموو ئەوەی
عیسا کردی، بە قوتابییەکانی فەرموو: ٤٤«بە باشی
گوێ لە قسەکانم بگرن: کوڕی مرۆڤ دەدرێتە
دەست خەڵك.» ٤٥بەڵام ئەم قسەیە تێنەگەیشتن،
لێیان شاردرابووەوە تاکو حاڵی نەبن، ترسان لەبارەی
ئەم قسەیە پرسیاریشی لێ بکەن.

## گەڕان بەدوای پلە و پایەدا

٤٦دەمەقاڵەیەك لەنێوان قوتابییەکاندا پەیدا
بوو، کامیان پایەبەرزترە. ٤٧عیسا بە نیازی دڵیانی
زانی، منداڵێکی هێنا و لەلای خۆی ڕایگرت، ٤٨پێی
فەرموون: «ئەوەی بە ناوی منەوە پێشوازی لەم
منداڵە بکات، پێشوازی لە من دەکات، ئەوەش
پێشوازی لە من بکات، ئەوا پێشوازی لەوە دەکات
کە ناردوومی، چونکە بچووکترینی هەمووتان
پایەبەرزترە.»

## ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە

٤٩یۆحەنا وەڵامی دایەوە: «گەورەم، یەکێکمان
بینی بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسی دەردەکرد، ڕێمان
لێ گرت چونکە لەگەڵمان دوات ناکەوێت.»
٥٠عیساش پێی فەرموون: «ڕێی لێ مەگرن، چونکە
ئەوەی دژتان نییە لەگەڵتانە.»
٥١کە ڕۆژانی بەرزکردنەوەی[a] نزیك بووەوە،
پێداگری کرد لەسەر ڕۆیشتنی بۆ ئۆرشەلیم.
٥٢نێردراوی لەپێش خۆی نارد، ئەوانیش ڕۆیشتن
و چوونە گوندێکی سامیرەییەکان تاکو شوێنی بۆ
ئامادە بکەن، ٥٣بەڵام پێشوازییان لێ نەکرد، چونکە
بەرەو ئۆرشەلیم دەچوو. ٥٤کاتێك یاقوب و یۆحەنای
قوتابییانی عیسا ئەمەیان بینی، گوتیان: «گەورەم،
دەتەوێ داوا بکەین لە ئاسمانەوە ئاگر بێتە خوارەوە
و لەناویان ببات؟» ٥٥بەڵام عیسا ئاوڕی دایەوە و
سەرزەنشتی کردن. ٥٦ئینجا چوونە گوندێکی دیکە.

## نرخی دواکەوتنی عیسا

٥٧بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، یەکێك پێی گوت: «بۆ
کوێ بڕۆیت دوات دەکەوم.»
٥٨عیساش پێی فەرموو: «ڕێوی کونی هەیە و
باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام کوڕی مرۆڤ
جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت.»
٥٩بە یەکێکی دیکەی فەرموو: «دوام بکەوە.»
ئەمەیان گوتی: «گەورەم، ڕێگام بدە یەکەم جار بچم
باوکم بنێژم.»
٦٠عیساش پێی فەرموو: «واز لە مردووان بهێنە
با مردووەکانی خۆیان بنێژن، بەڵام تۆ بڕۆ مزگێنی
پاشایەتی خودا بدە.»
٦١یەکێکی دیکە گوتی: «گەورەم، دوات دەکەوم،
بەڵام جارێ لێمگەڕێ با ماڵئاوایی لە خانەوادەکەم
بکەم.»
٦٢عیساش پێی فەرموو: «هەرکەسێك دەست
لەسەر گاسن دابنێت و ئاوڕ لە دواوە بداتەوە،
بەکەڵکی شانشینی خودا نایەت.»

[a] ٥١ بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان.

## عیسا حەفتا و دوو قوتابی دەنێرێت

١٠ پاش ئەمە مەسیحی خاوەن شکۆ حەفتا و
دوو کەسی دیکەی دەستنیشان کرد، لەپێش
خۆی دوو دوو ناردنی بۆ هەر شار و جێگایەك کە
بەتەمابوو بۆی بچێت. ٢جا پێی دەفەرموون: «دروێنە
زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی
دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.
٣بڕۆن! ئەوا من وەك بەرخ بۆ ناو گورگ دەتاننێرم.
٤نە کیسەی پارە و نە توورەکە و نە پێڵاو هەڵمەگرن،
لە ڕێگاش سڵاو لە کەس مەکەن.
٥«چوونە هەر ماڵێکیش، یەکەم جار بڵێن: ”ئاشتی
بۆ ئەم ماڵە بێت،“ ٦ئەگەر پیاوی ئاشتی لەوێ بێت،
ئەوا ئاشتیتان دەچێتە سەری، ئەگینا بۆ خۆتان
دەگەڕێتەوە. ٧لەو ماڵە بمێننەوە و لەوەی هەیانە
بخۆن و بخۆنەوە، چونکە کرێکار شایانی کرێی
خۆیەتی. ماڵە و ماڵیش مەکەن.
٨«چوونە هەر شارێك و پێشوازییان لێکردن،
ئەوەی لەبەردەمتانی دادەنێن بیخۆن، ٩ئەو
نەخۆشانەی تێیدایە چاکیان بکەنەوە و پێیان بڵێن:
”پاشایەتی خودا لێتان نزیك بووەتەوە.“ ١٠بەڵام
چوونە هەر شارۆچکەیەك و پێشوازییان لێ نەکردن،
بڕۆنە سەر شەقامەکانی و بڵێن: ١١”تەنانەت تۆزی
شارۆچکەکەتان کە بە پێمانەوە نووساوە بۆتانی
دەتەکێنین، بەڵام ئەمە بزانن: پاشایەتی خودا لێتان
نزیك بووەتەوە.“ ١٢پێتان دەڵێم: لەو ڕۆژەدا[a] سەدۆم
سزای سووکتری دەبێت لەوەی ئەو شارۆچکەیە.
١٣«قوڕبەسەرت، ئەی شاری خورازین!
قوڕبەسەرت، ئەی بێتسەیدا! چونکە ئەو
پەرجووانەی[b] لەنێو ئێوەدا کران، ئەگەر لە سور و
سەیدا بکرایە، هەر زوو بە جلوبەرگی گوش[c] و لەناو
خۆڵەمێش دادەنیشتن و تۆبەیان دەکرد. ١٤بەڵام لە
ڕۆژی لێپرسینەوەدا، سور و سەیدا سزای سووکتریان
دەبێت لەوەی بۆ ئێوەیە. ١٥تۆش ئەی کەفەرناحوم،
ئایا بۆ ئاسمان بەرز دەکرێیتەوە؟ نەخێر، تۆ بۆ
جیهانی مردووان[d] دەچیتە خوارەوە.
١٦«ئەوەی گوێتان لێ بگرێت، گوێ لە من
دەگرێت، ئەوەی ڕەتتان دەکاتەوە من ڕەت
دەکاتەوە. ئەوەش من ڕەت دەکاتەوە، ئەوە ڕەت
دەکاتەوە کە منی ناردووە.»

## گەڕانەوەی نێردراوان

١٧حەفتا و دوو نێردراوەکە بە شادییەوە گەڕانەوە
و گوتیان: «گەورەم، تەنانەت ڕۆحی پیسیش بە ناوی
تۆوە ملکەچمانن.»
١٨ئەویش پێی فەرموون: «شەیتانم بینی وەك
بروسکە لە ئاسمانەوە دەکەوت. ١٩ئەوەتا دەسەڵاتم
پێتان داوە پێ بە مار و دووپشك و هەموو هێزی
دوژمندا بنێن، هیچ شتێکیش زیانتان پێناگەیەنێت.
٢٠بەڵام بەمە دڵخۆش مەبن کە ڕۆحە پیسەکان
ملکەچتانن، بەڵکو دڵخۆش بن کە ناوتان لە ئاسماندا
نووسراوە.»
٢١لەو کاتەدا عیسا بە ڕۆحی پیرۆز شادمان بوو
و فەرمووی: «ستایشت دەکەم باوکە، پەروەردگاری
ئاسمان و زەوی، چونکە ئەمانەت لە دانا و
تێگەیشتوان شاردووەتەوە و بۆ منداڵان ئاشکرات
کردووە. بەڵێ باوکە، چونکە تۆ ئەمەت پێ باش بوو!
٢٢«باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم، کەس
نازانێت کوڕەکە[e] کێیە باوك نەبێت، یان باوك کێیە
کوڕەکە و ئەوە نەبێت کە کوڕەکە دەیەوێ بۆی
ئاشکرا بکات.»
٢٣ئینجا ئاوڕی لە قوتابییەکانی دایەوە و بە تەنها
بەوانی فەرموو: «خۆزگە دەخوازرێت بەو چاوانەی
ئەوە دەبینێت کە ئێوە دەیبینن، ٢٤چونکە پێتان
دەڵێم، زۆر پێغەمبەر و پاشا ویستیان ئەوە ببینن کە

[a] ١٢ ڕۆژی لێپرسینەوە.
[b] ١٣ پەرجوو: موعجیزە.
[c] ١٣ لە کاتی ماتەمگێڕان و تۆبەکردندا جلوبەرگی لە گوش دروستکراویان لەبەرکردووە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە کە ئەزیەتی پێستیانی داوە.
[d] ١٥ یۆنانی: هادیس: بڕوانە پەراوێزی مەتا ١١:٢٣.
[e] ٢٢ کاتێك عیسا باسی (باوك) دەکات مەبەستی لە خودایە و کاتێکیش باسی (کوڕەکە) دەکات مەبەستی لە خودی خۆیەتی.

ئێوە دەیبینن، بەڵام نەیانبینی، ئەوەش ببیستن کە
ئێوە دەیبیستن، بەڵام نەیانبیست.»

## نموونەی سامیرەییە چاکەکە

٢٥ تەوراتناسێك هەستا تاکو تاقی بکاتەوە، گوتی:
«مامۆستا چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە
میرات وەربگرم؟»
٢٦ ئەویش پێی فەرمووی: «لە تەوراتدا چی
نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟»
٢٧ وەڵامی دایەوە: «﴿بە هەموو دڵ و بە هەموو
گیان و بە هەموو توانا و هەموو بیرتانەوە یەزدانی
پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت،﴾[a] هەروەها
﴿نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت.﴾[b]»
٢٨ عیسا پێی فەرموو: «وەڵامەکەت ڕاستە، ئەمە
بکە، ژیانی هەتاهەتایی بەدەستدەهێنیت.»
٢٩ بەڵام ویستی پاکانە بۆ خۆی بکات، بە عیسای
گوت: «نزیکەکەم کێیە؟»
٣٠ عیسا وەڵامی دایەوە: «پیاوێك لە ئۆرشەلیمەوە
بۆ ئەریحا[c] دەچوو، کەوتە دەست جەردە،
برینداریان کرد، ئینجا بە نیوەمردوویی بەجێیان
هێشت و ڕۆیشتن. ٣١ وا ڕێککەوت کاهینێك بەو
ڕێگایەدا دەڕۆیشت، کاتێك ئەوی بینی لەو بەرەوە
تێپەڕی. ٣٢ هەروەها کابرایەکی لێڤیش[d] بە هەمان
شێوە گەیشتە شوێنەکە، هات و سەیری کرد و لەو
بەرەوە تێپەڕی. ٣٣ بەڵام سامیرەییەکی[e] ڕێبوار هاتە
سەری، بینی و دڵی پێی سووتا، ٣٤ لێی چووە پێش و
ڕۆن و شەرابی بەسەر برینەکاندا کرد و پێچایەوە،
سواری وڵاخەکەی خۆی کرد و بردییە خانێك و
چاودێری کرد. ٣٥ ڕۆژی پاشتر دوو دیناری دەرهێنا و
دایە خانچییەکە و گوتی: ”چاودێری بکە و هەرچی
زیاترت خەرجکرد، کە گەڕامەوە دەتدەمەوە.“
٣٦ «کام لەم سێ کەسە بە نزیك دەزانیت بۆ ئەو
پیاوەی کە کەوتە دەست جەردەکان؟»
٣٧ تەوراتناسەکە گوتی: «ئەوەی بەزەیی پێیدا
هاتەوە.»
عیساش پێی فەرموو: «تۆش بڕۆ و بەو شێوەیە
بکە.»

## لە ماڵی مریەم و مەرسا

٣٨ کاتێك دەڕۆیشتن چووە گوندێك، ژنێك لە
ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکرد ناوی مەرسا بوو.
٣٩ خوشکێکی هەبوو ناوی مریەم بوو، لەبەرپێی
مەسیح دانیشت و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت.
٤٠ بەڵام مەرسا لەبەر زۆری خزمەتکردن شڵەژا بوو،
ڕاوەستا و گوتی: «گەورەم، باکت نییە خوشکم
بە تەنها بەجێی هێشتووم و خزمەت دەکەم؟ پێی
بفەرموو با یارمەتیم بدات.»
٤١ مەسیح وەڵامی دایەوە: «مەرسا، مەرسا، تۆ خەم
لە زۆر شت دەخۆیت و نارەحەتیت. ٤٢ بەڵام یەك
شت پێویستە، مریەم شتە باشەکەی هەڵبژاردووە کە
لێی ناسەنرێتەوە.»

## فێرکردن دەربارەی نوێژ

١١ جارێك عیسا لە شوێنێکدا نوێژی دەکرد،
کاتێك لە نوێژەکەی بووەوە، یەکێك لە
قوتابییەکانی پێی گوت: «گەورەم، فێری نوێژمان بکە،
هەروەك چۆن یەحیا قوتابییەکانی خۆی فێرکرد.»
٢ پێی فەرموون: «کاتێك نوێژ دەکەن، بڵێن:

”باوکە،
با ناوت پیرۆز بێت،
با پاشایەتییەکەت بێ،
٣ نانی ڕۆژانەمان هەموو ڕۆژێك بدەرێ.

[a] ٢٧ دواوتار ٥:٦
[b] ٢٧ لێڤییەکان ١٨:١٩
[c] ٣٠ ئەریحا نزیکەی ٣٢کم لە ئۆرشەلیمەوە دوورە، نزیکەی ١٠٠٠م لە سەرووی ئاستی دەریا لە ئۆرشەلیم نزمترە و ڕێگای شاخاوییە، بۆ ڕێگران گونجاوە.
[d] ٣٢ تیرەیەکی جولەکە بوون، ئەرکی خزمەتکردنی پەرستگایان لە ئەستۆ بوو.
[e] ٣٣ سامیرە شارێکە لەناوەڕاستی ئیسرائیل. سامیرەییەکان لە ڕێگای ژن هێنانەوە لەگەڵ نەتەوەکان تێکەڵ ببوون، لەلای گەلی جولەکە گڵاو بوون و وەکو نەتەوە ناجولەکەکان هەژمارد دەکران.

٤ لە گوناهەکانمان خۆشبە،
چونکە ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە
خراپەمان بەرامبەر دەکەن.
مەمانخەرە تاقیکردنەوە.“»

٥ئینجا پێی فەرموون: «کێ لە ئێوە ئەگەر
هاوڕێیەکی هەبێت و لە نیوەشەودا بچێتە لای و
پێی بڵێت: ”هاوڕێم، سێ کولێرەم بە قەرز بدەرێ،
٦چونکە هاوڕێیەکم لە دوورەوە بۆ لام هاتووە،
هیچم نییە لەبەردەمی دابنێم.“
٧«ئەمەی ژوورەوە وەڵام دەداتەوە: ”هەراسانم
مەکە، دەرگا داخراوە، خۆم و منداڵم لەناو جێگادایین،
ناتوانم هەستم و بتدەمێ.“ ٨پێتان دەڵێم: ئەگەر
لەبەر هاوڕێیەتی هەڵنەستێت و بیداتێ، ئەوا لەبەر
ئەوەی ناوبانگی خۆی بپارێزێت هەڵدەستێت و
دەیداتێ.
٩«لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم، داوا بکەن، پێتان
دەدرێت، بگەڕێن دەدۆزنەوە، لە دەرگا بدەن،
لێتان دەکرێتەوە، ١٠چونکە هەرکەسێك داوا بکات،
وەردەگرێت، ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش
لە دەرگا دەدات لێی دەکرێتەوە.
١١«چ باوکێك لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای
ماسی بکات لە جیاتی ماسی ماری دەداتێ؟ ١٢یان
داوای هێلکە بکات دووپشکی دەداتێ؟ ١٣جا ئێوە کە
خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوك کە
لە ئاسمانە، چەند زیاتر ڕۆحی پیرۆز دەداتە ئەوانەی
داوای لێ دەکەن.»

## عیسا و سەرۆکی شەیتان

١٤عیسا ڕۆحێکی پیسی دەردەکرد کە لاڵ بوو،
کاتێك ڕۆحە پیسەکە دەرکرا، لاڵەکە قسەی کرد و
خەڵکەکە سەرسام بوون. ١٥بەڵام هەندێکیان گوتیان:
«بە بەعلزەبولی[a] شای ڕۆحە پیسەکان، ڕۆحی پیس
دەردەکات.» ١٦هەندێکی دیکەش تاقییان دەکردەوە،
داوای نیشانەیەکی ئاسمانییان لێی کرد.

١٧ئەویش بە بیرکردنەوەیانی زانی، پێی فەرموون:
«هەر شانشینێك دووبەرەکی تێبکەوێت وێران
دەبێت، هەر ماڵێکیش دووبەرەکی تێبکەوێت
تێکدەچێت. ١٨ئەگەر شەیتان دوو بەش بێت، ئیتر
چۆن شانشینەکەی خۆی ڕادەگرێت؟ چونکە دەڵێن:
”من بە بەعلزەبول ڕۆحی پیس دەردەکەم.“ ١٩باشە
ئەگەر من بە بەعلزەبول ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەی
کوڕانتان بە کێ دەریاندەکەن؟ لەبەر ئەوە ئەوان
حوکمتان دەدەن. ٢٠بەڵام ئەگەر من بە پەنجەی
خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا
هاتووەتە سەرتان.
٢١«کاتێك پیاوێکی بەهێز و چەکدار پارێزگاری لە
ماڵەکەی دەکات، ماڵەکەی پارێزراوە. ٢٢بەڵام کاتێك
یەکێکی لە خۆی بەهێزتر بێتە سەری دەیبەزێنێت،
چەکەکانی لێ دەستێنێ کە پشتی پێی بەستبوو،
تاڵانییەکەش دابەش دەکات.
٢٣«ئەوەی لەگەڵ من نییە لە دژی منە، ئەوەش
لەگەڵ من کۆناکاتەوە، بڵاو دەکاتەوە.

## گەڕانەوەی ڕۆحی پیس

٢٤«کاتێك ڕۆحی پیس لە مرۆڤێك دەردەچێت، لە
شوێنە وشکەکاندا بەدوای حەوانەوەدا دەگەڕێت
و دەستی ناکەوێت. ئینجا دەڵێت: ”دەگەڕێمەوە
بۆ ماڵەکەی خۆم کە لێی دەرچووم.“ ٢٥کاتێك
دەگەڕێتەوە، دەبینێت گسکدراوە و ڕێکخراوە.
٢٦ئەوسا دەچێت و حەوت ڕۆحی پیسی دیکە لە
خۆی خراپتر دەهێنێت، دەچنە ژوورەوە و لەوێدا
دەژین، ئینجا کۆتایی ئەو مرۆڤە لە جاران خراپتر
دەبێت.»
٢٧کاتێك عیسا ئەمانەی دەگوت، ژنێك لەناو
خەڵکەکەوە دەنگی بەرز کردەوە و پێی گوت:
«خۆزگە دەخوازرێت بەو سکەی هەڵیگرتووی و بەو
مەمکەی شیری پێداوی.»
٢٨ئەویش فەرمووی: «بەڵکو خۆزگە دەخوازرێت
بەوانەی کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری
پێدەکەن.»

[a] ١٥ بەعلزەبول: بڕوانە مەتا ١٠:٢٥

## نیشانەی یونس

٢٩کاتێك خەڵکەکە زیاتر کۆدەبوونەوە، عیسا
دەستی کرد بە قسەکردن و فەرمووی: «ئەم
نەوەیە نەوەیەکی بەدکارە، داوای نیشانە دەکات،
بەڵام نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونس.
٣٠هەروەك چۆن یونس بۆ خەڵکی نەینەوا بوو بە
نیشانە، کوڕی مرۆڤیش بۆ ئەم نەوەیە ئاوا دەبێت.
٣١شاژنی باشوور[a] لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم
نەوەیە لە مردن هەڵدەستێتەوە و تاوانباری دەکات،
چونکە لەوپەڕی زەوییەوە هات بۆ گوێگرتن لە
دانایی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان مەزنتر لێرەیە.
٣٢خەڵکی نەینەوا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم
نەوەیە لە مردن هەڵدەستنەوە و تاوانباری دەکەن،
چونکە تۆبەیان کرد کاتێك یونس پەیامی خودای
ڕاگەیاند. ئەوەتا لە یونس مەزنتر لێرەیە.

## چاو چرای لەشە

٣٣«کەس چرا هەڵناکات و لە جێیەکی شاراوە یان
لەژێر تەشت دایبنێت، بەڵکو لەسەر چرادان، تاکو
ئەوانەی دێنە ژوورەوە ڕووناکییەکە ببینن. ٣٤چاوت
چرای جەستەتە. کاتێك چاوت ساغ بێت ئەوا
جەستەت هەمووی ڕووناکییە، بەڵام کە نەساغ بێت
ئەوا جەستەت هەمووی تاریکییە. ٣٥کەواتە ئاگاداربە
ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە نەبێت بە تاریکی. ٣٦لەبەر
ئەوە ئەگەر هەموو لەشت پڕبێت لە ڕووناکی و
هیچ بەشێکی تاریکی تێدا نەبێت، ئەوا هەمووی
پڕدەبێت لە ڕووناکی، وەك چرایەك کە بە تیشکی
ڕووناکیت بۆ بدات.»

## سەرزەنشتکردنی فەریسییەکان

٣٧کاتێك عیسا قسەی دەکرد، فەریسییەك بۆ
نانخواردن داوەتی کرد. ئەویش چووە ژوورەوە
و دانیشت. ٣٨فەریسییەکە کە بینی عیسا پێش
نانخواردن دەستی نەشوشت، سەری سوڕما.
٣٩ئینجا مەسیحی خاوەن شکۆ پێی فەرموو:
«ئێوەی فەریسی دەرەوەی جام و قاپ پاك
دەکەنەوە، بەڵام ناختان پڕە لە چڵێسی و بەدکاری.
٤٠گێلینە، ئایا ئەوەی دەرەوەی دروستکردووە
ناوەوەشی دروستنەکردووە؟ ٤١بەڵام ئێوە ئەوەی
هەتانە بیدەنە هەژاران، ئیتر هەموو شتێك بۆتان
پاك دەبێت.
٤٢«بەڵام قوڕبەسەرتان فەریسییەکان، ئێوە
دەیەکی پونگ و ڕازیانە و هەموو سەوزەوات
دەدەن، بەڵام دادپەروەری و خۆشەویستی خودا
پشتگوێ دەخەن. پێویستە ئەمانە بکەن و ئەوانەش
پشتگوێ نەخەن.
٤٣«قوڕبەسەرتان فەریسییەکان، چونکە حەزتان
لە ڕیزی پێشەوەی کەنیشت و سڵاو لێکردنتانە لە
بازاڕدا.
٤٤«قوڕبەسەرتان، ئێوە لەو گۆڕە نادیارانە دەچن
کە خەڵکی بێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن.»
٤٥یەکێکی تەوراتناس وەڵامی دایەوە: «مامۆستا،
بە گوتنی ئەمانە، ئێمەش سووك دەکەیت.»
٤٦عیسا فەرمووی: «قوڕبەسەر ئێوەی
تەوراتناسیش، بارێك دەخەنە سەر شانی خەڵکی کە
هەڵگرتنی زەحمەتە، بەڵام خۆتان پەنجەیەکیش لە
بارەکە نادەن.
٤٧«قوڕبەسەرتان، چونکە ئێوە گۆڕی پێغەمبەران
هەڵدەبەستن، کە باوباپیرانتان کوشتوویانن. ٤٨کەواتە
ئێوە شایەتن و بە کردەوەی باوباپیرانتان ڕازین،
ئەوان پێغەمبەرانیان کوشت و ئێوەش گۆڕەکانیان بۆ
هەڵدەبەستن. ٤٩لەبەر ئەوە دانایی خودا فەرمووی:
”من پێغەمبەر و نێردراویان بۆ دەنێرم، بەڵام لێیان
دەکوژن و دەیانچەوسێننەوە،“ ٥٠تاکو خوێنی هەموو
پێغەمبەران کە لە دامەزراندنی جیهانەوە ڕژاوە
لەم نەوەیە داوا بکرێت، ٥١لە خوێنی هابیلەوە تاکو
خوێنی زەکەریا کە لەنێوان قوربانگا و پیرۆزگادا
لەناوبردرا. بەڵێ پێتان دەڵێم، لەم نەوەیە داوا
دەکرێت.
٥٢«قوڕبەسەرتان تەوراتناسان، چونکە کلیلی

---

[a] ٣١ شاژنی باشوور: مەبەست شاژنە بەلقیسە کە لە سەردەمی حەزرەتی سلێمان فەرمانڕەوای یەمەن بوو.

زانیاریتان برد، خۆتان نەچوونە ژوورەوە و ڕێتان
لەوانەش گرت کە دەچوونە ژوورە.»
[٥٣]کاتێک عیسا ئەوێی بەجێهێشت، مامۆستایانی
تەورات و فەریسییەکان دەستیان پێکرد تەنگی
پێ هەڵچنن و لە زۆر بابەت پرسیاری لێ بکەن،
[٥٤]چاوەڕێیان دەکرد بە وشەیەکی دەمی خۆی تووشی
بکەن.

## بەنرختر لە چۆلەکە

١٢ لەو کاتەدا کە هەزاران کەس کۆببوونەوە،
بە جۆرێک یەکتریان پێشێل دەکرد، لە
سەرەتادا عیسا ڕووی کردە قوتابییەکانی و فەرمووی:
«ئاگاداری هەویرترشی فەریسییەکان بن، کە
دووڕووییە. [٢]شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی
نییە دەرنەکەوێت. [٣]لەبەر ئەوە هەرچی لە تاریکی
گوتووتانە، لە ڕووناکی دەبیسترێت، ئەوەش کە لە
ماڵ بە چرپە گوتووتانە، لە سەربانان جاڕدەدرێت.
[٤]«دۆستانم پێتان دەڵێم، لەوانە مەترسن کە
جەستە دەکوژن و پاش ئەوە هیچی دیکەیان پێ
ناکرێت. [٥]بەڵام ئەوەتان پیشان دەدەم کە دەبێ لێی
بترسن، لەوە بترسن کە دەسەڵاتی هەیە پاش کوشتن
فڕێتانبداتە ناو دۆزەخ. بەڵێ پێتان دەڵێم، لەمە
بترسن. [٦]ئایا پێنج چۆلەکە بە دوو فلس نافرۆشرێت؟
خودا هیچ یەکێک لەوانی لەبیر ناچێت. [٧]تەنانەت
هەموو مووی سەریشتان ژمێردراوە. کەواتە مەترسن
ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.
[٨]«پێشتان دەڵێم: ئەوەی لەبەردەم خەڵک دانم
پێدا بنێت، کوڕی مرۆڤیش لەبەردەم فریشتەکانی
خودا دانی پێدا دەنێت. [٩]بەڵام ئەوەی لەلای خەڵک
نکۆڵی لە ناسینی من بکات، لەبەردەم فریشتەکانی
خودا نکۆڵی لێ دەکرێت. [١٠]ئەوەی قسە بە کوڕی
مرۆڤ بڵێت، دەبەخشرێت. بەڵام ئەوەی سەبارەت
بە ڕۆحی پیرۆز کفر بکات، نابەخشرێت.
[١١]«کاتێک دەتانهێننە بەردەم کەنیشت و
فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران، نیگەران مەبن دەبێ
بۆ بەرگری چۆن و بە چی بدوێن یان چی بڵێن،
[١٢]چونکە ڕۆحی پیرۆز هەر لەو کاتەدا فێرتان دەکات
پێویستە چی بڵێن.»

## نموونەی دەوڵەمەندی بێ مێشک

[١٣]یەکێکی ناو خەڵکەکە پێی گوت: «مامۆستا، بە
براکەم بفەرموو میراتم لەگەڵ بەش بکات.»
[١٤]بەڵام ئەو پێی فەرموو: «کابرا، کێ منی
کردووە بە دادوەر یان بەشکەر بەسەرتانەوە؟» [١٥]بە
خەڵکەکەی فەرموو: «ئاگاداربن و خۆتان لە هەموو
جۆرە چاوچنۆکییەک بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە
زۆری سامانەکەی نییە.»
[١٦]ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «مرۆڤێکی
دەوڵەمەند، زەوییەکەی بەرهەمێکی زۆری دا.
[١٧]لە دڵی خۆیدا گوتی: ”چی بکەم کە شوێنم نەبێ
بەرهەمەکەمی لێ کۆبکەمەوە؟“
[١٨]«جا گوتی: ”وا دەکەم، ئەمبارەکانم تێکدەدەم
و گەورەتری دەکەم، لەوێدا هەموو دانەوێڵە و
ماڵەکەم کۆدەکەمەوە. [١٩]بە خۆشم دەڵێم: ’ئەی
گیانم، ئەوەتا ماڵێکی زۆرت هەڵگرتووە، بۆ چەندین
ساڵ. بحەسێوە و بخۆ و بخۆوە و دڵشادبە.‘“
[٢٠]«بەڵام خودا پێی فەرموو: ”ئەی گێلە، هەر
ئەمشەو گیانت دەردەچێت. باشە ئەوەی کۆت
کردووەتەوە، بۆ کێ دەبێت؟“
[٢١]«بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی گەنجینە
بۆ خۆی کۆدەکاتەوە بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند
نییە.»

## خودا خەممان دەخوات

[٢٢]بە قوتابییەکانی فەرمووی: «خەم بۆ ژیان و
جەستەتان مەخۆن، چی دەخۆن یان چی دەپۆشن.
[٢٣]ژیان لە خواردن گرنگترە و جەستەش لە پۆشاک.
[٢٤]سەیری قەلەڕەش بکەن: نە تۆو دەکات و نە
دروێنە دەکات، نە ئەمباری هەیە و نە کۆگا، بەڵام
خودا بەخێوی دەکات. باشە ئێوە چەند لە باڵندە
بەنرخترن! [٢٥]کێ لە ئێوە ئەگەر خەم بخوات،
دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

[٢٦]جا کە ئێوە بۆ شتێکی بچووک تواناتان نییە، بۆچی بۆ شتەکانی دیکە خەم دەخۆن؟

[٢٧]«سەیری گوڵاڵە بکەن چۆن گەشە دەکات، نە ماندوو دەبێت و نە دەڕێسێت. بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە. [٢٨]ئەی کەم باوەڕینە، ئەگەر خودا ئەو گیایەی کە ئەمڕۆ لە کێڵگەیە و بەیانی دەخرێتە تەنوورەوە بەو شێوەیە بپۆشێت، ئیتر چەند زیاتر ئێوە دەپۆشێت؟ [٢٩]جا گرنگی بەوە مەدەن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە، خەم مەخۆن. [٣٠]هەموو ئەمانە بێباوەڕانی جیهان هەوڵی بۆ دەدەن، باوکیشتان دەزانێت پێویستتان بەمانە هەیە. [٣١]بەڵکو داوای پاشایەتی ئەو بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.

[٣٢]«مەترسە ئەی مێگەلی بچووک، چونکە باوکتان خۆشحاڵە شانشینەکەتان بداتێ. [٣٣]ئەوەی هەتانە بیفرۆشن و بە خێر ببەخشن، بۆ خۆتان جزدانێک دابین بکەن کە نەفەوتێت، گەنجینەیەک لە ئاسمان کە لەبن نایەت، لەوێ نە دز لێی نزیک دەبێتەوە و نە مۆرانە لێی دەدات، [٣٤]چونکە گەنجینەکەت لەکوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

## نموونەی کۆیلە دەستپاکەکان

[٣٥]«با پشتێنتان بەستراو و چراتان هەڵکراو بێت، [٣٦]وەک ئەوانە بن کە چاوەڕێی گەورەکەیان دەکەن تاکو لە شایی بگەڕێتەوە، کە هاتەوە و لە دەرگای دا، دەستبەجێ لێی بکەنەوە. [٣٧]خۆزگە بەو کۆیلانە دەخوازرێت کە گەورە دێتەوە دەبینێت بەخەبەرن. ڕاستیتان پێ دەڵێم، گەورەکە ناوقەدی خۆی دەبەستێت و کۆیلەکان دادەنیشێنێت، دێت و خزمەتیان دەکات. [٣٨]جا ئەگەر لە نیوەی شەودا یان نزیکی بەرەبەیان بێتەوە و ئەوان بەو شێوەیە ببینێت، خۆزگە بەو کۆیلانە دەخوازرێت. [٣٩]بەڵام ئەوەش بزانن: ئەگەر گەورەی ماڵ بزانێت لە چ کاتژمێرێک دز دێتە سەری، نایەڵێت ماڵەکەی ببڕدرێت. [٤٠]ئێوەش ئامادەبن، چونکە کوڕی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە.»

[٤١]پەترۆس گوتی: «گەورەم، ئەم نموونەیە بە ئێمە دەڵێی یان بە هەمووان؟»

[٤٢]مەسیح فەرمووی: «ئەو سەرکارە دڵسۆز و ژیرە کێیە کە گەورە دەیکاتە چاودێری کۆیلەکانی تاکو لە کاتی خۆیدا بەشە خۆراکیان بداتێ؟ [٤٣]خۆزگە دەخوازرێت بەو کۆیلەیە، ئەوەی کاتێک گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئاوا دەکات. [٤٤]ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیەوە دایدەنێت. [٤٥]بەڵام ئەگەر ئەم کۆیلەیە لە دڵی خۆیدا گوتی: ”گەورەکەم درەنگ دێتەوە،“ ئیتر دەست بکات بە لێدانی کۆیلە و کارەکەرەکانی دیکە، هەروەها بخوا و بخواتەوە و سەرخۆش بێت، [٤٦]ئەوسا گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا دێتەوە کە چاوەڕێی ناکات و لە کاتژمێرێک کە نایزانێت، ئینجا پارچەپارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ بێباوەڕان دەبێت.

[٤٧]«ئەو کۆیلەیەش کە خواستی گەورەکەی دەزانێت، ئامادە نابێت و بە خواستی ئەو ناکات، زۆری لێ دەدرێت. [٤٨]بەڵام ئەوەی نازانێت و کردەوەکەی شایانی لێدانە، ئەوا کەمی لێ دەدرێ. ئەوەی زۆری دراوەتێ داوای زۆری لێ دەکرێت، ئەوەش زۆری لەلا دانراوە داوای زیاتری لێ دەکرێت.

## عیسا و جیهان

[٤٩]«هاتووم تاکو ئاگر هەڵدەمە سەر زەوی، چەندە خوازیارم پێشوەخت گڕی گرتبێت! [٥٠]بەڵام ئازارێکم[a] لە ڕێگایە و دەبێت پێیدا تێبپەڕم، چەند ناڕەحەتم هەتا تەواو دەبێت. [٥١]وادەزانن من هاتووم ئاشتی بهێنمە سەر زەوی؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵکو دووبەرەکی. [٥٢]لەمەودوا لە ماڵێکدا پێنجی تێدا دەبێت جیا دەبنەوە، سێ لە دوو و دوو لە سێ. [٥٣]باوک لە کوڕ و کوڕ لە باوک، دایک لە کچ و کچ لە دایک، خەسوو لە بووک و بووک لە خەسوو جیا دەبنەوە.»

[a] ٥٠ پێشبینییە بۆ ئازارکێشان لەسەر خاچ.

[٥٤]دیسان بە خەڵکەکەی فەرموو: «کاتێك هەورێك دەبینن لە ڕۆژئاواوە بەدەردەکەوێت، خێرا دەڵێن: "بارانی بەدەمەوەیە،" هەر بەو شێوەیەش دەبێت. [٥٥]کاتێکیش بای باشوور هەڵدەکات، دەڵێن: "گەرم دەبێت،" ئاواش دەبێت. [٥٦]ئەی دووڕووان، دەزانن ڕووی زەوی و ئاسمان بخوێننەوە، چۆن نازانن ئەم سەردەمە بخوێننەوە؟

[٥٧]«هەروەها بۆچی بۆ خۆتان بە ڕاستی حوکم نادەن؟ [٥٨]کاتێك لەگەڵ ڕکابەرەکەت بە ڕێگاوەی بۆ لای دادوەر، لە ڕێگا هەوڵ بدە کێشەکەت لەگەڵی ببڕێنیتەوە، ئەگینا ڕاتدەکێشێتە لای دادوەر و دادوەریش دەتداتە دەست پۆلیس، پۆلیسیش فڕێتدەداتە بەندیخانە. [٥٩]پێت دەڵێم: لەوێ دەرناچی هەتا دوایین فلس نەدەیتەوە.»

## پێویستی تۆبەکردن

١٣ هەر لەو کاتەدا هەندێك لەوێ بوون، باسی ئەو جەلیلییانەیان بۆ عیسا کرد کە پیلاتۆس خوێنی لەگەڵ قوربانییەکانیان تێکەڵاو کرد. [٢]عیسا وەڵامی دایەوە: «وادەزانن ئەو جەلیلییانە لە هەموو جەلیلییەکانی دیکە گوناهبارتر بوون، چونکە بەم شێوەیە ئازاریان چێژت؟ [٣]پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن. [٤]یان ئەو هەژدە کەسەی لە سیلوام قوللەکەیان بەسەردا کەوت و کوشتنی، لە هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم گوناهبارتر بوون؟ [٥]من پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبە نەکەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن.»

## نموونەی هەنجیری بێ بەر

[٦]ئینجا ئەم نموونەیەی باسکرد: «کابرایەك دار هەنجیرێکی لە ڕەزەکەیدا چاندبوو، بۆ بەرهەم هات و پێوەی نەبینی. [٧]بە ڕەزەوانەکەی گوت: "تەماشا بکە، سێ ساڵە بۆ بەری ئەم دار هەنجیرە دێم و پێوەی نابینم! بیبڕەوە، بۆچی زەویش داگیر بکات؟"
[٨]«ڕەزەوانەکە وەڵامی دایەوە: "گەورەم، ئەم ساڵیش وازی لێبهێنە، تاکو دەوروبەری هەڵدەگێڕمەوە و پەیینی پێدا دەکەم. [٩]بەڵکو دواتر بەر بگرێت، ئەگینا بیبڕەوە."»

## چاککردنەوەی ژنێك لە شەممە

[١٠]عیسا لە ڕۆژی شەممەدا لە یەکێك لە کەنیشتەکان خەریکی فێرکردن بوو، [١١]ژنێك بەهۆی ڕۆحێکی پیسەوە هەژدە ساڵ نەخۆش بوو، قەمبوور بوو و هەرگیز نەیدەتوانی بە تەواوی ڕاستبێتەوە. [١٢]عیسا ژنەکەی بینی، بانگی کرد: «خانم، لە نەخۆشییەکەت ئازاد کرایت.» [١٣]ئینجا هەردوو دەستی خستە سەری و دەستبەجێ ڕاستبووەوە و ستایشی خودای کرد.

[١٤]پێشەوای کەنیشتیش تووڕە بوو کە عیسا لە شەممەدا خەڵکی چاککردەوە، بە خەڵکەکەی گوت: «شەش ڕۆژ هەیە کە پێویستە کاریان تێدا بکرێت، لەواندا وەرن و چاکبنەوە، نەك لە ڕۆژی شەممەدا.»

[١٥]مەسیحیش وەڵامی دایەوە: «ئەی دووڕووان! ئایا هەر یەك لە ئێوە لە ڕۆژی شەممەدا گا یان گوێدرێژەکەی لە ئاخوڕ ناکاتەوە و بیبات ئاوی بدات؟ [١٦]ئەوەش کە کچی ئیبراهیمە و هەژدە ساڵە شەیتان بەستویەتییەوە، نەدەبوو لە ڕۆژی شەممەدا لەم بەندە ئازاد بێت؟»

[١٧]کە ئەمەی فەرموو، هەموو بەرهەڵستکارانی شەرمەزار بوون، هەموو خەڵکەکەش بە گشت ئەو کارە شکۆدارانەی بەو ئەنجام دەدران دڵشاد بوون.

## نموونەی دەنکە خەردەل و هەویرترش

[١٨]ئینجا عیسا فەرمووی: «شانشینی خودا لە چی دەچێت؟ بە چی بەراوردی بکەم؟ [١٩]لە دەنکە خەردەلێك[a] دەچێت، کابرایەك بردی و لەناو باخەکەی چاندی، جا گەشەی کرد و بوو بە درەختێك، باڵندەی ئاسمان لەناو لقەکانی هێلانەیان کرد.»

[٢٠]دیسان فەرمووی: «شانشینی خودا بە چی

[a] ١٩ ڕووەکێکە لە وڵاتی فەلەستین دەڕوێت، بەرزییەکەی لە ماوەی ساڵێك لە ڕواندنی دەگاتە نزیکەی ٣ بۆ ٤ مەتر.

بەراورد بکەم؟ ٢١ لە هەویرترشێك دەچێت، ئافرەتێك هێنای و کردییە ناو سێ پێوانە[a] ئاردەوە، هەتا هەمووی هەڵهات.»

## دەرگای تەنگ

٢٢ کاتێك عیسا دەچووە ئۆرشەلیم، بە شار و گوندەکاندا تێدەپەڕی و خەڵکی فێردەکرد. ٢٣ یەکێك پێی گوت: «گەورەم، ئایا کەمن ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت؟»

ئەویش پێی فەرموون: ٢٤ «کۆشش بکەن تاکو لە دەرگای تەسك بچنە ژوورەوە، چونکە، پێتان دەڵێم، زۆر کەس هەوڵدەدەن بچنە ژوورەوە و ناتوانن. ٢٥ لەو دەمەی خاوەن ماڵ هەڵدەستێت و دەرگا دادەخات، ئێوە لە دەرەوە دەوەستن، لە دەرگا دەدەن و تکا دەکەن: "گەورەم، لێمان بکەوە!" وەڵام دەداتەوە: "من ناتانناسم و نازانم ئێوە خەڵکی کوێن."

٢٦ «ئەوسا دەڵێن: "لەگەڵت خواردمان و خواردمانەوە و لە شەقامەکانمان فێرت کردین."

٢٧ «ئینجا دەڵێت: "من ناتانناسم و نازانم ئێوە خەڵکی کوێن. ئەی هەموو بەدکاران، لێم دوور بکەونەوە!"

٢٨ «کاتێك دەبینن ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و هەموو پێغەمبەران لە شانشینی خودان، بەڵام ئێوە دەرکراون، جا لەوێ دەگریێن و جیڕەی ددانتان دێت. ٢٩ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە باکوور و باشوورەوە دێن و لە شانشینی خودا لەسەر خوان دادەنیشن. ٣٠ ئەوەتا دواهەمین هەن دەبنە یەکەمین و یەکەمینیش هەن دەبنە دواهەمین.»

## عیسا و هێرۆدس

٣١ لەو کاتەدا هەندێك فەریسی هاتن و پێیان گوت: «ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ، چونکە هێرۆدس دەیەوێت بتکوژێت.»

٣٢ ئەویش پێی فەرموون: «بڕۆن بەو ڕێویە بڵێن، ‹ئەوەتا ئەمڕۆ و بەیانی ڕۆحە پیسەکان دەردەکەم و خەڵکی چاك دەکەمەوە، لە ڕۆژی سێیەمیش تەواو دەبم[b].› ٣٣ بەڵام بۆ من پێویستە ئەمڕۆ و سبەی و دووسبەی بڕۆم، چونکە نابێت پێغەمبەرێك لە دەرەوەی ئۆرشەلیم بمرێت.

## عیسا دڵتەنگە بۆ ئۆرشەلیم

٣٤ «ئەی ئۆرشەلیم، ئەی ئۆرشەلیم، بکوژی پێغەمبەران و بەردبارانکاری ئەوانەی بۆت نێردران، چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە، هەروەك چۆن مریشك جوجەڵەکانی لەژێر باڵیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام نەتانویست. ٣٥ ئەوەتا ماڵەکەتان بە وێرانی بۆ بەجێدەهێڵدرێ. پێتان دەڵێم، ئیتر نامبیننەوە، هەتا ئەو کاتە دێت کە دەڵێن، ‹پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە دێت.[c]›»

## چاککردنەوەی نەخۆش لە شەممە

١٤ ئەوە بوو لە ڕۆژی شەممەدا کاتێك عیسا بۆ نانخواردن چووە ماڵی یەکێك لە سەرکردە فەریسییەکان، ئەوانەی لەوێ بوون چاودێرییان دەکرد. ٢ پیاوێکیش کە نەخۆشی ئاوبەندی هەبوو لە بەرامبەری بوو. ٣ عیسا لە تەوراتناس و فەریسییەکانی پرسی: «ئایا لە ڕۆژی شەممەدا چاککردنەوە دروستە یان نا؟» ٤ ئەوان بێدەنگ بوون. ئەویش کابرای گرت و چاکیکردەوە و بەڕێی کرد.

٥ پێی فەرموون: «کامەتان کوڕەکەی یان گایەکەی لە ڕۆژی شەممەدا بکەوێتە بیرەوە دەستبەجێ دەریناهێنێت؟» ٦ نەیانتوانی وەڵامی ئەم شتانە بدەنەوە.

## نموونەی بانگهێشتکراوان

٧ کاتێك تێبینی کرد چۆن بانگهێشتکراوان ڕیزی پێشەوە دەگرن، نموونەیەکی هێنایەوە و فەرمووی: ٨ «کاتێك یەکێك بۆ شایی بانگهێشتت دەکات، لە

[a] ٢١ یۆنانی: سێ ساتا، واتە ٢٢ لیتر.

[b] ٣٢ مەبەست لە لەخاچدان و هەستانەوەیە.

[c] ٣٥ زەبوورەکان ١١٨:٢٦

ڕیزی پێشەوە دامەنیشە، نەوەك لە تۆ ڕێزدارتریشی
بانگهێشت کردبێت. [٩]ئینجا ئەوەی تۆ و ئەوی
بانگهێشت کردووە، دێت و پێت دەڵێ: ”شوێنەکەت
بۆ ئەمە چۆڵ بکە،“ تۆش تەریق دەبیتەوە و
ڕیزی دواوە دەگریت. [١٠]بەڵام کاتێك بانگهێشت
دەکرێیت بڕۆ لە دواوە دانیشە، تاوەکو کاتێك ئەوەی
بانگهێشتی کردوویت، بێت و پێت بڵێت: ”هاوڕێم،
هەستە وەرە پێشەوە.“ ئەوسا لەبەرچاوی هەموو
ئەوانەی لەگەڵت دانیشتوون قەدرگران دەبیت. [١١]بەم
شێوەیە ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە،
ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.»
[١٢]ئینجا بەوەی گوت کە بانگهێشتی کردووە:
«کاتێك نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە ئامادە دەکەیت،
هاوڕێ و برا و خزم و دراوسێ دەوڵەمەندەکانت
بانگ مەکە، نەوەك ئەوانیش بانگت بکەنەوە،
چاکەت بدەنەوە. [١٣]بەڵکو ئەگەر میوانداریيەکت کرد،
هەژار و پەککەوتە و شەل و کوێر بانگهێشت بکە.
[١٤]خۆزگەت پێ دەخوازرێ، چونکە نییانە پاداشتت
بدەنەوە، تۆش لە هەستانەوەی ڕاستودروستان
پاداشت دەدرێیتەوە.»

## نموونەی میوانداریيەك

[١٥]یەکێك لە میوانەکان ئەمەی بیست، گوتی:
«خۆزگە دەخوازرێت بەوەی لە شانشینی خودا نان
دەخوات.»
[١٦]عیسا وەڵامی دایەوە: «کابرایەك شێوێکی
گەورەی ئامادە کرد و خەڵکێکی زۆری بانگهێشت
کرد. [١٧]کاتی نانخواردن کۆیلەیەکی خۆی نارد تاکو
بە بانگهێشتکراوان بڵێت: ”فەرموون، ئێستا هەموو
شتێك ئامادەیە.“
[١٨]«بەڵام هەموو وەك یەك داوای لێبوردنیان کرد.
یەکەمیان پێی گوت: ”کێڵگەیەکم کڕیوە و پێویستە
بڕۆم بیبینم، تکایە لێم ببورە.“
[١٩]«یەکێکی دیکە گوتی: ”پێنج جووت گام کڕیوە
و دەچم بزانم چۆنن، تکایە لێم ببورە.“
[٢٠]«یەکێکی دیکەشیان گوتی: ”ژنم هێناوە، لەبەر
ئەوە ناتوانم بێم.“
[٢١]«کۆیلەکەش هاتەوە و ئەمانەی بە گەورەکەی
ڕاگەیاند. خاوەن ماڵ تووڕە بوو و بە کۆیلەکەی
گوت: ”خێرا بڕۆ بۆ شەقام و کۆڵانەکانی شار، هەژار
و پەککەوتە و کوێر و شەلەکان بهێنە ئێرە.“
[٢٢]«کۆیلەکە گوتی: ”گەورەم ئەوەی فەرمانت دا
کرا، هێشتا شوێن ماوە.“
[٢٣]«گەورەکە بە کۆیلەکەی گوت: ”بڕۆ دەرەوە بۆ
ڕێگا و ڕێچکەکان بە زۆر خەڵك بهێنە ژوورەوە، تاکو
ماڵەکەم پڕبێت. [٢٤]پێتان دەڵێم، لەوانەی بانگهێشت
کرابوون کەس تامی شێوەکەم ناکات.“»

## ئەوەی لە قوتابییان داوادەکرێ

[٢٥]خەڵکێکی زۆر لەگەڵ عیسا دەڕۆیشتن بە
ڕێگادا، ئاوڕی دایەوە و پێی گوتن: [٢٦]«ئەگەر یەکێك
بێتە لام و ڕقی[a] لە دایك و باوکی، ژن و منداڵی، برا
و خوشکەکانی نەبێتەوە، بگرە لە خۆشی، ناتوانێت
ببێتە قوتابی من. [٢٧]ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و
دوام نەکەوێت، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.
[٢٨]«کێ لە ئێوە ئەگەر بیەوێت قوللەیەك
دروستبکات، یەکەم جار دانانیشێت و خەرجییەکەی
ناخەملێنێت، ئاخۆ ئەوەندەی هەیە بۆ تەواوکردنی؟
[٢٩]نەوەك بناغەکەی دابنێت و نەتوانێت تەواوی
بکات، ئەوسا هەموو ئەوانەی دەیبینن گاڵتەی پێ
دەکەن، [٣٠]دەڵێن: ”ئەم پیاوە دەستی پێکرد بینا بکات
و نەیتوانی تەواوی بکات.“
[٣١]«یان چ پاشایەك دەچێتە شەڕی پاشایەکی دیکە
و یەکەم جار دانانیشێت و ڕاوێژ ناکات، ئایا بە دە
هەزار کەسەوە دەتوانێت بەرەنگاری ئەوە ببێتەوە
کە بە بیست هەزارەوە دێتە سەری؟ [٣٢]ئەگینا خۆ
تاکو دوورە، شاندێکی بۆ دەنێرێت و داوای ئاشتی
دەکات. [٣٣]بەم شێوەیە، هەر یەکێکتان ئەگەر واز لە

[a] ٢٦ مەبەستی لەوەیە عیسای لە دایك و باوکی خۆشتربووێت، بڕوانە مەتا ١٠:٣٧.

هەموو شتێك نەهێنێت کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

## نموونەی خوێ

٣٤«خوێ باشە، بەڵام ئەگەر سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟ ٣٥ئەوسا نە بەکەڵکی زەوی دێت و نە بەکەڵکی پەیین دێت، بەڵکو فڕێدەدرێتە دەرەوە.

«ئەوەی گوێی بۆ بیستن هەیە، با ببیستێت.»

## نموونەی مەڕە ونبووەکە

١٥ هەموو باجگر و گوناهباران لێی نزیك دەبوونەوە تاکو گوێ لە عیسا بگرن. ٢جا فەریسی و مامۆستایانی تەورات بۆڵەبۆڵیان دەکرد: «ئەمە پێشوازی لە گوناهباران دەکات و نانیان لەگەڵ دەخوات.»

٣عیساش ئەم نموونەیەی بۆ هێنانەوە: ٤«کامەتان ئەگەر سەد سەر مەڕی هەبێت و دانەیەکی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و نۆیەکە لە دەشت بەجێناهێڵێت و بەدوای ونبووەکەدا ناچێت هەتا دەیدۆزێتەوە؟ ٥کاتێك دۆزییەوە بە خۆشییەوە دەیخاتە سەر شانی و ٦دێتەوە ماڵ، هاوڕێ و دراوسێکان بانگ دەکات و پێیان دەڵێت: "لەگەڵم دڵشاد بن! مەڕە ونبووەکەم دۆزییەوە." ٧پێتان دەڵێم، لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێك تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ ڕاستودروست[a] کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە.

## نموونەی درهەمە ونبووەکە

٨«یان چ ئافرەتێك دە درهەمی[b] هەبێت و یەك درهەمی ون بکات، چرا هەڵناکات و ماڵەکە گسك نادات و بە وردی ناگەڕێت، هەتا دەیدۆزێتەوە؟ ٩کە دۆزییەوە، هاوڕێ و دراوسێکانی بانگ دەکات و دەڵێت: "لەگەڵم دڵشاد بن، ئەو درهەمەی ونم کردبوو، دۆزیمەوە." ١٠پێتان دەڵێم: بە هەمان شێوە، فریشتەکانی خودا دڵشاد دەبن کاتێك گوناهبارێك تۆبە دەکات.»

## نموونەی کوڕە ونبووەکە

١١ئینجا فەرمووی: «کابرایەك دوو کوڕی هەبوو. ١٢بچووکەکەیان بە باوکی گوت: "باوکە، چیم بەردەکەوێ لە بەشە میراتی خۆم، بمدەرێ." ئەویش ماڵەکەی بۆ دابەشکردن.

١٣«دوای چەند ڕۆژێك، کوڕە بچووکەکە هەموو شتەکانی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، لەوێ ماڵەکەی لەسەر ڕابواردن دانا. ١٤لەدوای ئەوەی هەمووی خەرجکرد، قاتوقڕی گەورە کەوتە ناوچەکە، لەبەر ئەوە تووشی نەبوونی هات. ١٥ئیتر هانای بۆ هاوڵاتییەکی ناوچەکە برد، ئەویش ناردییە کێڵگەکانی بۆ لەوەڕاندنی بەراز. ١٦حەزی دەکرد بەو خڕنووکە سکی خۆی تێر بکات کە بەرازەکان دەیانخوارد بەڵام کەس هیچی پێنەدەدا.

١٧«ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و گوتی: "ئاخۆ چەند کرێکاری باوکم نانیان لەبەر دەمێنێتەوە، منیش لێرە وا لە برسان دەمرم. ١٨هەڵدەستم دەچمەوە لای باوکم، پێی دەڵێم: باوکە، لە دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد. ١٩ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم، بمکە بە کرێکارێکی خۆت." ٢٠جا هەستا و گەڕایەوە لای باوکی.

«هێشتا دوور بوو باوکی ئەوی بینی و دڵی بۆی سووتا، ڕایکرد و باوەشی پێداکرد و ماچی کرد.

٢١«کوڕەش پێی گوت: "باوکە، لە دژی ئاسمان و بەرامبەری تۆ گوناهم کرد، ئیتر شایانی ئەوە نیم بە کوڕی تۆ بانگ بکرێم."

٢٢«بەڵام باوکەکە بە خزمەتکارانی خۆی گوت: "خێرا باشترین جلوبەرگ بهێنن و لەبەری بکەن، ئەنگوستیلەیەك بکەنە پەنجەی و پێڵاویش بۆ پێی. ٢٣گوێرەکە قەڵەوەکەش بهێنن و سەری ببڕن، با بخۆین و دڵخۆش بین، ٢٤چونکە ئەم کوڕەم مردوو

[a] ٧ مەبەست لەو کەسانەیە کە لەبەرچاوی خۆیان ڕاستودروستن.

[b] ٨ یۆنانی: درەخمە، کرێی یەك ڕۆژی کرێکارێك.

بوو و زیندوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە.”
جا دەستیان بە ئاهەنگ گێڕان کرد.
[٢٥]«کوڕە گەورەکە لە کێڵگە بوو، کە هاتەوە و لە
ماڵ نزیك بووەوە، گوێی لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بوو.
[٢٦]یەکێك لە خزمەتکارانی بانگکرد و پرسیاری کرد،
“ئەمە چییە؟” [٢٧]پێی گوت: “براکەت گەڕاوەتەوە،
باوکیشت گوێرەکە قەڵەوەکەی سەربڕی، چونکە بە
ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە.”
[٢٨]«کوڕە گەورەکە تووڕە بوو و نەیویست بچێتە
ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێکرد.
[٢٩]بەڵام ئەو وەڵامی باوکی دایەوە: “ئەوەتا ئەو
هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە
فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ
تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم. [٣٠]بەڵام
کاتێك ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ
لەشفرۆشان لووش دا، گوێرەکە قەڵەوەکەت بۆی
سەربڕی.”
[٣١]«ئەویش پێی گوت: “کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵ
منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە. [٣٢]بەڵام پێویستە
دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و
زیندوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە.”»

## نموونەی سەرکاری ناپاك

١٦
هەروەها عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو:
«کابرایەکی دەوڵەمەند سەرکارێکی هەبوو،
سکاڵای بەفیڕۆدانی ماڵەکەی لەسەری پێگەیشت.
[٢]کابرای دەوڵەمەند بانگی کرد و لێی پرسی: “ئەمە
چییە لەسەر تۆ دەیبیستمەوە؟ برۆ حیسابی
سەرکارییەکەت بکە و بیخە بەردەستم، چونکە ئیتر
ناتوانیت سەرکار بیت.”
[٣]«سەرکارەکە بە خۆی گوت: “چی بکەم، چونکە
گەورەکەم سەرکارییەکەم لێ دەسەنێتەوە؟ ناتوانم
زەوی بکێڵم و شەرمیش دەکەم سواڵ بکەم. [٤]بەڵام
دەزانم چی دەکەم، بۆ ئەوەی کاتێك لە سەرکارییەکە
دەرکرام، خەڵکی لە ماڵەکانیان پێشوازیم لێ بکەن.”
[٥]«جا هەریەکە لە قەرزارەکانی گەورەکەی
بانگکرد. بە یەکەمیانی گوت: “چەند قەرزاری
گەورەکەمیت؟”
[٦]«گوتی: “سەد هیزە زەیتی زەیتوون.[a]”
«ئەویش پێی گوت: “پسوولەکەت وەربگرە و
دانیشە، خێرا بنووسە پەنجا.”
[٧]«بەوی دیکەی گوت: “تۆ چەندت لەسەرە؟”
«گوتی: “سەد ڕبە گەنم.”
«پێی گوت: “پسوولەکەت وەربگرە و بنووسە
هەشتا.”
[٨]«جا گەورەکە دەستخۆشی لە سەرکارە ناپاکەکەی
کرد کە ژیرانە جوڵایەوە، چونکە خەڵکانی دنیایی
لەگەڵ خەڵکانی وەك خۆیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا
گەلی پیرۆز ژیرترن. [٩]منیش پێتان دەڵێم: بە سامانی
ئەم دنیایە[b] دۆستی خۆتان دروستبکەن، تاکو ئەگەر
نەما، خودا لە ماڵی هەتاهەتایی پێشوازیتان لێ
بکات.»
[١٠]«ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە،
ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. [١١]ئەگەر
لە سامانی ئەم دنیایە دەستپاك نەبن، کێ سامانی
ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ [١٢]ئەگەر لە شتی
خەڵکی دەستپاك نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟
[١٣]«خزمەتکار نییە بتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە
بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی
دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە
دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش
ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.»
[١٤]فەریسییەکانیش کە پارەیان خۆشدەویست،
گوێیان لە هەموو ئەمانە بوو، گاڵتەیان پێکرد.
[١٥]پێی فەرموون: «لەنێو خەڵکدا خۆتان بە بێتاوان
دەردەخەن، بەڵام خودا دڵتان دەناسێت. ئەوەی لای
خەڵکی پایەدارە، لای خودا قێزەونە.
[١٦]«تەورات و پەیامی پێغەمبەران هەتا هاتنی
یەحیا ڕاگەیەنران، لەو کاتە بەولاوە مزگێنی پاشایەتی
خودا دەدرێت و هەموو کەسێك تێدەکۆشێت بچێتە

[a] ٦ نزیکەی سێ هەزار لیتر.
[b] ٩ یۆنانی: سامانی ناڕەوا.

ناوی.[a] [١٧]بەڵام نەمانی زەوی و ئاسمان ئاسانترە لە
کەوتنی خاڵێکی تەورات.

## تەڵاقدان

[١٨]«ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە
بهێنێت، داوێنپیسی دەکات. ئەوەش کە تەڵاقدراوێك
دەهێنێت داوێنپیسی دەکات.

## نموونەی هەژارێك و دەوڵەمەندێك

[١٩]«پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو، جلی ئەرخەوانی
و کەتانی ناسکی لەبەر دەکرد و هەموو ڕۆژێکی بە
خۆشی ڕادەبوارد. [٢٠]هەژارێکیش ناوی لەعازر بوو، لە
بەردەرگاکەی کەوتبوو، هەموو جەستەی برین بوو،
[٢١]پەرۆش بوو لەو بەرماوەیە تێربێت کە لە خوانی
دەوڵەمەندەکە دەکەوتە خوارەوە. تەنانەت سەگیش
دەهاتن برینەکانیان دەلێستەوە.
[٢٢]«ئیتر هەژارەکە مرد و فریشتە بۆ باوەشی
ئیبراهیم هەڵیانگرت. دەوڵەمەندەکەش مرد و نێژرا.
[٢٣]لە جیهانی مردووان[b] سەری هەڵبڕی و ئازاری
دەچێژت، لە دوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە
باوەش بوو. [٢٤]هاواری کرد: ”باوکە ئیبراهیم، بەزەییت
پێمدا بێتەوە، لەعازر بنێرە تاکو سەری پەنجەی بە
ئاو تەڕ بکات و زمانم فێنك بکاتەوە، وا لەناو ئەم
گڕەدا ئازار دەچێژم.“
[٢٥]«ئیبراهیم گوتی: ”کوڕم، لەبیرتە لە ژیانتدا
شتە باشەکانی خۆتت وەرگرت و لەعازریش شتە
خراپەکان. بەڵام ئێستا وا لێرە دڵنەوایی دەکرێت و
تۆش ئازار دەچێژیت. [٢٦]سەرەڕای هەموو ئەمانەش،
بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا دانراوە،
تاوەکو ئەوانەی بیانەوێ لێرەوە بۆ لاتان بێن نەتوانن
و کەسیش لەوێوە بۆ لای ئێمە نەپەڕێتەوە.“
[٢٧]«ئەویش گوتی: ”کەواتە باوکە، لێت دەپاڕێمەوە
لەعازر بنێرە بۆ ماڵی باوکم، [٢٨]چونکە پێنج برام
هەیە، تاکو ئاگاداریان بکاتەوە، نەوەك ئەوانیش بۆ
ئەم شوێنی ئازاردانە بێن.“
[٢٩]«بەڵام ئیبراهیم پێی گوت: ”موسا و
پێغەمبەرانیان[c] هەیە، با گوێ لەوان بگرن.“
[٣٠]«ئەویش گوتی: ”نەخێر باوکە ئیبراهیم، بەڵام
ئەگەر یەکێك لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا
تۆبە دەکەن.“
[٣١]«پێی گوت: ”ئەگەر گوێ لە موسا و پێغەمبەران
نەگرن، تەنانەت یەکێك لەناو مردووانیش
هەستێتەوە، قەناعەتیان پێ نایێت.“»

## لێخۆشبوون سنووری نییە

١٧ عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «مەحاڵە
کۆسپەکان[d] نەیەن، بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی
دەبێتە هۆی هاتنیان. [٢]باشترە بۆی ئەگەر بەرداشێك
بە ملیەوە هەڵبواسرێت و فڕێبدرێتە دەریاوە،
لەوەی ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لە قوتابییەکانم[e].
[٣]ئاگاداری خۆتان بن.
«ئەگەر براکەت هەڵەی کرد، سەرزەنشتی بکە،
ئەگەر تۆبەی کرد گەردنی ئازاد بکە. [٤]ئەگەر لە
ڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی بەرامبەرت کرد و
حەوت جار گەڕایەوە لات و گوتی: ”تۆبە دەکەم،“
تۆ گەردنی ئازاد بکە.»
[٥]ئینجا نێردراوەکان بە مەسیحی خاوەن شکۆیان
گوت: «باوەڕمان زیاد بکە!»
[٦]مەسیحیش فەرمووی: «ئەگەر ئەوەندەی دەنکە
خەردەلێکیش باوەڕتان هەبێت، بەم دار تووە دەڵێن:
”هەڵبکەنرێ و لەناو دەریا بڕوێ،“ بە قسەتان
دەکات.
[٧]«کامەتان، ئەگەر کۆیلەیەکی هەبێت و خەریکی
کاری کێڵگە و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بێت، دوای
ئەوەی کە لە کێڵگە هاتەوە، پێی دەڵێت: ”یەکسەر

[a] ١٦ بڕوانە مەتا ١٢:١١.
[b] ٢٣ یۆنانی: هادیس، بڕوانە مەتا ٢٣:١١.

[c] ٢٩ پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن.
[d] ١ ئەوەی یەکێك تووشی گوناە دەکات.
[e] ٢ یۆنانی: یەکێك لەم بچووکانە. مەبەست لە قوتابییەکانی عیسایە بە گشتی. بڕوانە مەتا ٤٢:١٠.

وەرە و دانیشە“؟ ٨ئایا پێی ناڵێت: ”شتێکم بۆ ئامادە
بکە بیخۆم، ناوقەدت ببەستە و خزمەتم بکە تاکو
دەخۆم و دەخۆمەوە، پاشان تۆ بخۆ و بخۆوە“؟ ٩ئایا
سوپاسی ئەو کۆیلەیە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو
شتانەی کرد کە فەرمانی پێ کرابوو؟ ١٠ئێوەش بەم
شێوەیە، کاتێك هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت
دەیکەن، بڵێن: ”کۆیلەی شایستە نین، ئەرکی خۆمان
بەجێگەیاندووە.“»

## چاککردنەوەی دە نەخۆشی گول

١١کاتێك عیسا دەچوو بۆ ئۆرشەلیم، بە نێوانی
سامیرە و جەلیلدا ڕۆیشت، ١٢ڕێگەی کەوتە گوندێك،
لەوێ تووشی دە پیاوی گول بوو، کە لە دوورەوە
ڕاوەستابوون. ١٣پیاوەکان دەنگیان بەرز کردەوە و
گوتیان: «ئەی عیسا، ئەی مامۆستا، بەزەییت پێماندا
بێتەوە!»
١٤جا ئەوانی بینی و پێی فەرموون: «بڕۆن
خۆتان نیشانی کاهینان بدەن.» کاتێك دەڕۆیشتن
پاکبوونەوە.
١٥یەکێکیان سەیری کرد پاك بووەتەوە، گەڕایەوە و
بە دەنگێکی بەرز ستایشی خودای کرد، ١٦لەبەرپێی
عیسا بەسەر ڕوودا کەوت و سوپاسی کرد. کابرا
سامیرەییش بوو.
١٧عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەرێ دە کەس پاك
نەبوونەوە؟ کوا نۆیەکەی دیکە؟ ١٨هیچ کەسێکیان
نەبینران بگەڕێنەوە و ستایشی خودا بکەن، ئەم
بێگانەیە نەبێت؟» ١٩ئینجا پێی فەرموو: «هەستە و
بڕۆ، باوەڕت ڕزگاری کردیت.»

## هاتنی پاشایەتی خودا

٢٠کە فەریسییەکان پرسیاریان لێکرد، کەی
پاشایەتی خودا دێت، وەڵامی دانەوە: «پاشایەتی
خودا بە جۆرێك نایەت کە ببینرێت، ٢١خەڵکیش
ناڵێن: ”ئەمەتا،“ یان ”ئەوەتا،“ چونکە پاشایەتی
خودا لە نێوتاندایە.»
٢٢جا بە قوتابییەکانی فەرموو: «ڕۆژانێك دێت کە
تامەزرۆن ڕۆژێك لە ڕۆژانی کوڕی مرۆڤ ببینن، بەڵام
نایبینن. ٢٣ئینجا پێتان دەڵێن: ”ئەوەتا لەوێیە،“ یان
”ئەمەتا لێرەیە،“ مەڕۆن و بەدوایدا مەچن، ٢٤چونکە
وەك ئەو بروسکەیەی لە لایەکەوە لەژێر ئاسماندا
بروسکە دەدات لایەکی دیکە لەژێر ئاسماندا ڕووناك
دەکاتەوە، کوڕی مرۆڤیش لە ڕۆژی خۆیدا بەو
شێوەیە دەبێت. ٢٥بەڵام دەبێت یەکەم جار زۆر ئازار
بچێژێت و ئەم نەوەیەش ڕەتی بکەنەوە.
٢٦«وەك ئەوەی لە سەردەمی نوحدا بوو، لە
سەردەمی کوڕی مرۆڤیشدا ئاوا دەبێت. ٢٧دەیانخوارد
و دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا و مێردیان دەکرد،
تاکو ئەو ڕۆژەی نوح چووە ناو کەشتییەکە، لافاوەکە
هات و هەموویانی لەناوبرد.
٢٨«دیسان وەك ئەوەی لە سەردەمی لۆت
بوو، دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، دەیانکڕی و
دەیانفرۆشت، دەیانچاند و بنیادیان دەنا. ٢٩بەڵام
لەو ڕۆژەی لۆت لە سەدۆم هاتە دەرەوە، خودا
لە ئاسمانەوە ئاگر و گۆگردی باراند و هەموویانی
لەناوبرد.
٣٠«لەو ڕۆژەدا کوڕی مرۆڤ ئاشکرا دەکرێت،
ئاوا دەبێت. ٣١ئەوەی لەو ڕۆژەدا لە سەربانە و
شتەکانی لە ناو ماڵە، با نەیەتە خوارەوە بۆ بردنی.
ئەوەی لە کێڵگەشە با نەگەڕێتەوە. ٣٢ژنەکەی لۆتتان
بەبیر بێتەوە! ٣٣ئەوەی بیەوێ ژیانی خۆی بباتەوە
دەیدۆڕێنێت، ئەوەش کە دەیدۆڕێنێت دەیباتەوە.
٣٤پێتان دەڵێم: لەو شەوەدا دووان لەناو یەك جێگان،
یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت.
٣٥دوو ژن دەستاڕ دەگێڕن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی
دیکە بەجێدەهێڵدرێت. [ ٣٦دووان لە کێڵگە دەبن،
یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت.]»
٣٧لێیان پرسی: «لەکوێ گەورەم؟»
پێی فەرموون: «کەلاك لەکوێ بێت، داڵ لەوێ
کۆدەبێتەوە.»

## نموونەی بێوەژن و دادوەرێك

١٨ عیسا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە کە پێویستە
هەمیشە نوێژ بکەن و ورە بەرنەدەن.
٢فەرمووی: «لە شارێك دادوەرێك هەبوو لە خودا
نەدەترسا و ڕێزی مرۆڤیشی نەدەگرت. ٣لەو شارەدا
بێوەژنێك هەبوو، دەهاتە لای و دەیگوت: ”مافم لە
نەیارەکەم بستێنەوە.“
٤«ئەویش ماوەیەك نەیدەویست، بەڵام دواتر
لە دڵی خۆیدا گوتی: ”هەرچەندە لە خودا ناترسم
و ڕێزیش لە مرۆڤ ناگرم، ٥بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم
بێوەژنە بێزارم نەکات، مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە،
ئەگینا وازناهێنێت و وەڕسم دەکات.“»
٦مەسیحی خاوەن شکۆ فەرمووی: «گوێ بگرن
لەوەی دادوەرە زۆردارەکە دەیڵێت. ٧باشە خودا
مافی هەڵبژێردراوەکانی خۆی کە شەو و ڕۆژ لێی
دەپاڕێنەوە وەرناگرێت؟ ئایا درەنگ وەڵامیان
دەداتەوە؟ ٨پێتان دەڵێم: خێرا مافیان بۆ وەردەگرێت.
بەڵام کاتێك کوڕی مرۆڤ دێتەوە، ئایا باوەڕ لەسەر
زەوی دەدۆزێتەوە؟»

## نموونەی فەریسی و باجگر

٩بۆ ئەوانەی دڵنیا بوون کە خۆیان بە بێتاوان
دادەنا و خەڵکیان بە سووك سەیر دەکرد، ئەم
نموونەیەی هێنایەوە: ١٠«دوو کەس بۆ نوێژکردن
چوونە پەرستگا، یەکێکیان فەریسی و ئەوەی
دیکە باجگر. ١١فەریسییەکە وەستا، لە دڵی خۆیدا
ئەم نوێژەی دەکرد: ”خودایە سوپاست دەکەم
وەك خەڵکی دیکە نیم، کە قۆڵبڕ و خراپەکار و
داوێنپیسن، وەك ئەم باجگرەش نیم. ١٢هەفتەی
دوو جار بەڕۆژوو دەبم، ئەوەی دەستم دەکەوێت
دەیەکی دەبەخشم.“
١٣«بەڵام باجگرەکە لە دوورەوە ڕاوەستا،
نەیدەویست چاوی بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە، سنگی
خۆی دەکوتا و دەیگوت: ”ئەی خودایە بەزەییت[a] بە
منی گوناهباردا بێتەوە.“
١٤«پێتان دەڵێم، ئەمە گەڕایەوە ماڵی خۆی بێتاوان
کرابوو، پێچەوانەی ئەوی دیکە، چونکە ئەوەی خۆی
بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم
بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.»

## شانشینی خودا وەك منداڵ

١٥خەڵك منداڵی ساوایان هێنایە لای عیسا تاوەکو
دەستیان لەسەر دابنێت. کاتێك قوتابییەکان ئەمەیان
بینی سەرزەنشتیان کردن. ١٦بەڵام عیسا بانگی
منداڵەکانی کرد و فەرمووی: «لێگەڕێن منداڵان بێنە
لام، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە شانشینی خودا هی
وەك ئەمانەیە. ١٧ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەك
منداڵێك[b] شانشینی خودا قبوڵ نەکات، هەرگیز
ناچێتە ناویەوە.»

## دەوڵەمەندی و ژیانی هەتاهەتایی

١٨کابرایەکی دەسەڵاتدار پرسیاری لێکرد:
«مامۆستای باش، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی
بە میرات وەربگرم؟»
١٩عیسا پێی فەرموو: «بۆچی بە باش ناوم دەبەیت؟
بێجگە لە خودا کەس باش نییە. ٢٠ڕاسپاردەکان
دەزانیت: ﴿داوێنپیسی مەکە، مەکوژە، مەدزە،
شایەتی درۆ مەدە، ڕێزی دایك و باوکت بگرە.﴾[c]»
٢١ئەویش گوتی: «هەموو ئەمانەم لە منداڵییەوە
پاراستووە.»
٢٢عیساش گوێی لەمە بوو، پێی فەرموو: «هێشتا
شتێکت کەمە. چیت هەیە هەمووی بفرۆشە
و بەسەر هەژاران دابەشی بکە، لە ئاسماندا
گەنجینەیەکت دەبێت. ئینجا وەرە دوام بکەوە.»
٢٣کاتێك ئەمەی بیست، زۆر خەمناك بوو، چونکە

[a] ١٣ یۆنانی: ببیتە کەفارەتی من، واتە ئەم قوربانییەی کە تووڕەیی خودا لادەدات.
[b] ١٧ بڕوانە مەتا ٤:١٨.
[c] ٢٠ دەرچوون ١٢:٢٠ و دواوتار ١٦:٥-٢٠

زۆر دەوڵەمەند بوو. [٢٤]کاتێك عیسا ئەوی بە خەمناکی
بینی، فەرمووی: «چەند گرانە بۆ دەوڵەمەندان بچنە
ناو شانشینی خوداوە! [٢٥]ئاسانترە وشترێك بە کونی
دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێك بچێتە ناو
شانشینی خوداوە.»
[٢٦]ئەوانەی گوێیان لێبوو گوتیان: «کەواتە کێ
دەتوانێت ڕزگاری بێت؟»
[٢٧]عیسا فەرمووی: «ئەوەی لەلای خەڵکی مەحاڵە،
لای خودا دەبێت.»
[٢٨]پەترۆس گوتی: «ئەوەتا هەموو شتێکمان
بەجێهێشتووە و دوات کەوتووین.»
[٢٩]ئەویش پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم:
کەس نییە ماڵ یان ژن یان برا یان دایك و باوك یان
منداڵی لەبەر شانشینی خودا بەجێهێشتبێت، [٣٠]لەم
دنیایە چەند ئەوەندە لە بەرامبەری وەرنەگرێتەوە و
لەو دنیاش ژیانی هەتاهەتایی.»

## باسی مردن و هەستانەوەی عیسا

[٣١]عیسا دوازدە قوتابییەکەی برد و پێی فەرموون:
«ئەوا بەرەو ئۆرشەلیم سەردەکەوین، هەرچی
پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە
دێتە دی. [٣٢]دەدرێتە دەستی نەتەوەکان، گاڵتەی پێ
دەکرێت و جنێوی پێدەدرێت و تفی لێ دەکرێت،
[٣٣]بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی
سێیەمیش هەڵدەستێتەوە.»
[٣٤]بەڵام هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسە لێیان
شاراوە بوو، ئەوەی گوترا درکیان پێی نەکرد.

## عیسا کەسێکی نابینا چاك دەکاتەوە

[٣٥]کاتێك عیسا لە ئەریحا نزیك بووەوە، کەسێکی
نابینا لەسەر ڕێگا دانیشتبوو سواڵی دەکرد. [٣٦]کە
گوێی لە خەڵکەکە بوو دەڕۆیشتن، پرسیاری کرد
ئەمە چییە. [٣٧]پێیان گوت: «عیسای ناسیرەیی لێرەوە
تێدەپەڕێت.»
[٣٨]جا هاواری کرد: «عیسای کوڕی داود، بەزەییت
پێمدا بێتەوە!»
[٣٩]ئەوانەی لەپێشەوە دەڕۆیشتن سەرزەنشتیان
کرد بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت، بەڵام ئەو زۆر زیاتر
هاواری دەکرد: «کوڕی داود، بەزەییت پێمدا
بێتەوە!»
[٤٠]عیسا ڕاوەستا و فەرمانی دا بیهێننە لای. کاتێك
نزیك بووەوە، لێی پرسی: [٤١]«چیت دەوێ بۆت
بکەم؟» گوتی: «گەورەم، دەمەوێ ببینم.»
[٤٢]عیساش پێی فەرموو: «ببینە، باوەڕەکەت تۆی
چاککردەوە.» [٤٣]دەستبەجێ بینی، دوای کەوت
و ستایشی خودای دەکرد. هەروەها هەموو
خەڵکەکەش کە بینییان ستایشی خودایان کرد.

## عیسا دەبێتە میوانی زەکا

١٩ ئینجا چووە ناو ئەریحا و پێیدا تێدەپەڕی.
[٢]لەوێ کابرایەکی لێبوو بە ناوی زەکا،
دەوڵەمەند و گەورەی باجگران بوو. [٣]دەیویست
ببینێت عیسا کێیە، بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیدەتوانی،
چونکە کورتەباڵا بوو. [٤]ڕایکرد و سەرکەوتە سەر
دار هەنجیرێك تاکو ببینێت، چونکە عیسا بەوێدا
تێدەپەڕی.
[٥]کە عیسا گەیشتە شوێنەکە، چاوی هەڵبڕی
و پێی فەرموو: «زەکا، خێرا وەرە خوارەوە، چونکە
دەبێت ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ بمێنمەوە.» [٦]جا خێرا هاتە
خوارەوە و بە خۆشییەوە پێشوازی لێکرد.
[٧]هەموو بینییان و دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵکردن و
گوتیان: «چووە بووەتە میوانی گوناهبارێك.»
[٨]بەڵام زەکا ڕاوەستا و بە مەسیحی خاوەن شکۆی
گوت: «گەورەم، ئەوەتا نیوەی سامانەکەم دەدەمە
هەژاران و ئەگەر بە هەر شێوەیەك فێڵم لە کەسێك
کردبێت، چوارقاتی دەدەمەوە.»
[٩]عیساش پێی فەرموو: «ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەم
ماڵە هات، لەبەر ئەوەی ئەویش کوڕی ئیبراهیمە،
[١٠]چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە بەدوای لەناوچواندا[a]
بگەڕێت و ڕزگاریان بکات.»

---

[a] ١٠ ئەو کەسانەی شایستەی دۆزەخن.

## نموونەی دە مەناکە

[١١]کاتێک گوێیان لەمانە دەگرت، درێژەی پێدا و
نموونەیەکی هێنایەوە، چونکە لە ئۆرشەلیم نزیک
بوو، وایان دەزانی کە پاشایەتی خودا خەریکە ئێستا
دەردەکەوێت. [١٢]ئینجا فەرمووی: «پیاوماقوڵێک بۆ
وڵاتێکی دوور ڕۆیشت، تاوەکو شانشینێک بۆ خۆی
وەربگرێت و بێتەوە. [١٣]دە لە کۆیلەکانی خۆی
بانگکرد و دە کیسە زیوی[a] پێدان و پێی گوتن، هەتا
دێمەوە بازرگانی بکەن.
[١٤]«بەڵام دانیشتووانی ناوچەکە ڕقیان لێی بوو،
شاندێکیان بەدوایدا نارد و گوتیان: ”نامانەوێت ئەمە
پاشایەتیمان بکات.“
[١٥]«ئەوە بوو کە گەڕایەوە پاشایەتییەکەی
وەرگرتبوو، فەرمانی دا ئەو کۆیلانەی زیوەکەی
پێدابوون بانگ بکرێنە لای، تاکو بزانێت چییان لە
بازرگانی قازانج کردووە.
[١٦]«یەکەمیان هات و گوتی: ”گەورەم، کیسە
زیوەکەت دە کیسە زیوی قازانج کردووە.“
[١٧]«ئەویش پێی گوت: ”ئافەرین کۆیلەی چاک،
چونکە لە کەمترین شت دەستپاک بوویت، ببە بە
فەرمانڕەوای دە شار.“
[١٨]«دووەمیان هات و گوتی: ”گەورەم، کیسە
زیوەکەت پێنج کیسە زیوی قازانج کردووە.“
[١٩]«بەمەشیانی گوت: ”تۆش ببە بە فەرمانڕەوای
پێنج شار.“
[٢٠]«ئەوی دیکە هات و گوتی: ”گەورەم ئەوەتا
کیسە زیوەکەت، لە دەستەسڕێک پێچابوومەوە و
هەڵمگرتبوو. [٢١]لە ڕاستیدا لێت ترسام، لەبەر ئەوەی
پیاوێکی سەختیت، ئەوەی داتنەناوە دەیبەیت و
ئەوەی نەتچاندووە دروێنەی دەکەیت.“
[٢٢]«ئەویش پێی گوت: ”ئەی کۆیلەی بەدکار، بە
زارت تاوانبارت دەکەم، کە دەتزانی کابرایەکی توندم،
ئەوەی دامنەناوە دەیبەم و ئەوەی نەمچاندووە
دروێنەی دەکەم. [٢٣]ئیتر بۆچی زیوەکەمت لە بانک
دانەنا، کاتێک دەهاتمەوە لەگەڵ قازانجەکەی
وەرمدەگرتەوە؟“
[٢٤]«بەوانەی گوت کە لەوێ ڕاوەستابوون: ”کیسە
زیوەکەی لێ بسەننەوە و بیدەنە ئەوەی دە کیسە
زیوەکەی پێیە.“
[٢٥]«ئەوانیش پێیان گوت: ”گەورەم، دە کیسە زیوی
هەیە!“
[٢٦]«وەڵامی دایەوە: ”پێتان دەڵێم: ئەوەی هەیەتی
پێی دەدرێت، بەڵام ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی
هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە. [٢٧]دوژمنانیشم،
ئەوانەی نەیاندەویست پاشایەتییان بکەم، بیانهێننە
ئێرە و لەبەردەمم بیانکوژن.“»

## کەژاوەی پاشایانە

[٢٨]دوای ئەوەی عیسا ئەمەی فەرموو، لە پێشەوە
ڕۆیشت و بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوت. [٢٩]کاتێک لە
گوندی بێتفاجی و بێتعەنیا نزیک بووەوە، کە
لەلای ئەو کێوەی کە کێوی زەیتوونی پێ دەگوترێت،
دووان لە قوتابییەکانی نارد و [٣٠]فەرمووی: «بڕۆنە
ئەو گوندەی بەرامبەرتان، کە دەچنە ناوی، دەبینن
جاشکێک بەستراوەتەوە هەتا ئێستا کەس سواری
نەبووە، بیکەنەوە و بیهێنن. [٣١]ئەگەر یەکێک پرسیاری
لێکردن: ”بۆچی دەیکەنەوە؟“ لە وەڵامدا بڵێن:
”گەورەمان پێویستی پێیەتی.“»
[٣٢]دوو قوتابییەکە چوون و چی پێ گوتبوون
بینییان. [٣٣]کاتێک جاشکەکەیان دەکردەوە،
خاوەنەکانی لێیان پرسین: «بۆچی جاشکەکە
دەکەنەوە؟»
[٣٤]گوتیان: «گەورەمان پێویستی پێیەتی.»
[٣٥]ئینجا بۆ عیسایان هێنا و کەواکانیان خستە سەر
جاشکەکە و عیسایان سواری کرد. [٣٦]کاتێک بەڕێوە
بوو، خەڵک کەواکانیان لەسەر ڕێگا ڕادەخست.
[٣٧]لە لێژاییەکەی کێوی زەیتوون نزیک بووەوە،
هەموو کۆمەڵی قوتابییەکان دەستیان پێکرد بە
شادی و بە دەنگی بەرز ستایشی خودا بکەن، بۆ
هەموو ئەو پەرجووانەی بینییان، دەیانگوت:

[a] ١٣ مەنا: نزیکەی کرێی سێ مانگی کرێکارێک.

[٣٨] «﴿پیرۆزە ئەو پاشایەی بە ناوی یەزدانەوە
دێت!﴾[a]»
«ئاشتی لە ئاسمان و شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی!»
[٣٩] هەندێك فەریسی نێو خەڵکەکە، بە عیسایان
گوت: «مامۆستا، قوتابییەکانت سەرزەنشت بکە.»
[٤٠] وەڵامی دایەوە: «پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەوانە
بێدەنگ بن، بەردەکان هاوار دەکەن.»

## گریانی عیسا بۆ ئۆرشەلیم

[٤١] کاتێك لە ئۆرشەلیم نزیك بووەوە و شارەکەی
بینی، بۆی گریا، [٤٢] فەرمووی: «خۆزگە بتزانیایە،
تەنانەت تۆش، لەم ڕۆژەدا چ شتێك بۆت مایەی
ئاشتییە! بەڵام ئێستا لەبەرچاوت شاراوەیە.
[٤٣] ڕۆژانێکت بەسەردێت، کە دوژمنانت سەنگەرت
لێ دەگرن، ئابڵوقەت دەدەن و لە هەموو
لایەکەوە دەورت دەگرن. [٤٤] خۆت و منداڵەکانت
لەناو شووراکانت لەگەڵ زەوی تەخت دەکرێن.
بەردت بەسەر بەردەوە ناهێڵن، چونکە کاتی
بەسەرکردنەوەت[b] نەزانی.»

## عیسا پەرستگا پاك دەکاتەوە

[٤٥] کاتێك عیسا چووە ناو حەوشەکانی پەرستگا،
دەستی بە دەرکردنی فرۆشیاران کرد. [٤٦] پێی فەرموون:
«نووسراوە: ﴿ماڵەکەم ماڵی نوێژە،﴾[c] کەچی ئێوە
کردووتانە بە ﴿ئەشکەوتی دزان!﴾[d]»
[٤٧] ڕۆژانە لە پەرستگا خەڵکی فێردەکرد، کاهینانی
باڵا و مامۆستایانی تەورات و ڕابەرانی گەل هەوڵیان
دەدا بیکوژن. [٤٨] بەڵام هیچیان بۆ ئەنجامدانی
نەدەدۆزییەوە، چونکە هەموو گەل پەیوەستی گوێ
لێگرتنی بوون.

[a] ٣٨ زەبوورەکان ٢٦:١١٨

[b] ٤٤ مەبەستی هاتنی مەسیحە بۆ ڕزگارکردنیان.

[c] ٤٦ ئیشایا ٧:٥٦

[d] ٤٦ یەرمیا ١١:٧

## دەسەڵاتی عیسا

٢٠ ڕۆژێکیان عیسا لە حەوشەکانی پەرستگا
خەڵکی فێردەکرد و مزگێنیی دەدا،
کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات لەگەڵ پیران
هاتنە لای، [٢] پێیان گوت: «پێمان بڵێ بە چ دەسەڵاتێك
ئەمانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە؟»
[٣] وەڵامی دانەوە: «منیش پرسیارێکتان لێ دەکەم.
پێم بڵێن: [٤] لەئاوهەڵکێشانی یەحیا، لە ئاسمانەوە بوو
یان لە مرۆڤەوە؟»
[٥] لەناو خۆیاندا ڕاوێژیان کرد و گوتیان: «ئەگەر
بڵێین ”لە ئاسمانەوە،“ دەڵێت ”بۆ باوەڕتان پێی
نەکرد؟“ [٦] بەڵام ئەگەر بڵێین ”لە مرۆڤەوە،“ هەموو
خەڵکەکە بەردبارانمان دەکەن، چونکە دڵنیان کە
یەحیا پێغەمبەرە.»
[٧] وەڵامیان دایەوە کە نازانن لەکوێوەیە.
[٨] عیساش پێی فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ
دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم.»

## نموونەی ڕەزەوانەکان

[٩] ئینجا دەستیکرد بە هێنانەوەی ئەم نموونەیە
بۆ خەڵکەکە: «کابرایەك ڕەزێکی چاند و بە
ڕەزەوانانی سپارد، ماوەیەکی زۆر سەفەری کرد.
[١٠] لەوەرزی بەروبووم کۆکردنەوەدا کۆیلەیەکی بۆ
لای ڕەزەوانەکان نارد، تاکو لە بەرهەمی ڕەزەکەی
بدەنێ، بەڵام ڕەزەوانەکان لێیاندا و بە دەستی
بەتاڵ ناردیانەوە. [١١] کۆیلەیەکی دیکەشی نارد، بەڵام
لەمەشیان دا و سووکایەتییان پێکرد و بە دەستبەتاڵی
ناردیانەوە. [١٢] سێیەمیشی نارد، ئەمەیان بریندار کرد
و دەریانکرد.
[١٣] «خاوەن ڕەزەکە گوتی: ”چی بکەم؟ کوڕە
خۆشەویستەکەم دەنێرم، لەوانەیە ڕێزی بگرن.“
[١٤] «بەڵام کە ڕەزەوانەکان بینییان، تەگبیریان لەگەڵ
یەکتری کرد و گوتیان: ”ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین،
تاکو ببینە میراتگر.“ [١٥] ئینجا بردیانە دەرەوەی ڕەزەکە
و کوشتیان.
«ئیتر دەبێت خاوەن ڕەزەکە چییان لێ بکات؟

[١٦]دێت و ئەم ڕەزەوانانە دەکوژێت و ڕەزەکە دەداتە
خەڵکی دیکە.»
کاتێك گوێیان لێبوو گوتیان: «خودا نەکات!»
[١٧]ئەویش سەیری کردن و فەرمووی: «کەواتە
ئەمەی نووسراوە چییە:

«﴿ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە،
بوو بە گرنگترین بەردی بناغە[a]﴾[b]؟

[١٨]ئەوەی بەسەر بەردەکەدا بکەوێت تێکدەشکێت،
ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا بکەوێت وردوخاش
دەبێت.»
[١٩]مامۆستایانی تەورات و کاهینانی باڵا هەوڵیان
دا لەو کاتە بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە
زانییان لەو نموونەیە مەبەستی ئەوان بوو.

## سەرانەدان بە قەیسەر

[٢٠]ئینجا چاودێری عیسایان کرد و سیخوڕیان نارد
کە خۆیان بە ڕاستودروست دەردەخست، تاکو بە
قسەی خۆی تووشی بکەن و بیدەنە دەست حوکم و
دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. [٢١]پرسیاریان لێکرد: «مامۆستا،
دەزانین لە قسەکردن و فێرکرنتدا ڕاستی، لایەنگری
کەسیش ناکەیت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕاستی فێر
دەکەیت. [٢٢]بۆ ئێمە دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر
یان نا؟»
[٢٣]بە فێڵەکەیانی زانی و پێی فەرموون:
[٢٤]«دینارێکم نیشان بدەن. ئەم وێنە و نووسینە هی
کێیە؟»
گوتیان: «هی قەیسەرە.»
[٢٥]ئەویش پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە
قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.»
[٢٦]نەیانتوانی لەبەردەم خەڵکدا بە قسەکەی
تووشی بکەن، سەرسامیش بوون لە وەڵامەکەی و
بێدەنگ بوون.

## زیندووبوونەوە

[٢٧]هەندێك سەدوقی[c] هاتن، ئەوانەی دەڵێن
هەستانەوە نییە، لێیان پرسی: [٢٨]«مامۆستا، موسا بۆی
نووسیوین، ئەگەر یەکێك براکەی بە وەجاخکوێری
مرد و ژنەکەی لەپاش خۆی بەجێهێشت، ئەوا
براژنەکەی دەخوازێتەوە و وەچە بۆ براکەی
دەخاتەوە. [٢٩]ئینجا حەوت برا هەبوون، یەکەمیان
ژنی هێنا و بە وەجاخکوێری مرد. [٣٠]دووەمیش و
[٣١]سێیەمیش خواستیانەوە، هەر حەوتیان بە هەمان
شێوە بە وەجاخکوێری مردن. [٣٢]لەدوای هەموویان
ژنەکەش مرد. [٣٣]ئایا لە هەستانەوەدا ژنەکە بۆ کامیان
دەبێت؟ چونکە ژنی هەر حەوتیان بووە.»
[٣٤]عیساش پێی فەرموون: «خەڵکی ئەم دنیایە
ژن دەهێنن و شوو دەکەن، [٣٥]بەڵام ئەوانەی
شایانی گەیشتنن بەو دنیا و هەستانەوەی نێو
مردووان، ژن ناهێنن و شوو ناکەن. [٣٦]هەروەها
ناتوانن بمرن، چونکە وەك فریشتەن و کوڕی
خودان کە کوڕی هەستانەوەن. [٣٧]تەنانەت موساش
لە چیرۆکی دەوەنەکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە
مردووان هەڵدەستنەوە، چونکە یەزدانی ناوبرد
بە ﴿خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای
یاقوب.﴾[d] [٣٨]ئەویش خودای مردووان نییە، بەڵکو
هی زیندووانە، چونکە لای ئەو هەموو زیندووون.»
[٣٩]هەندێك لە مامۆستایانی تەورات وەڵامیان
دایەوە: «مامۆستا، باشت فەرموو.» [٤٠]ئیتر نەیانوێرا
هیچی دیکەی لێ بپرسن.

## عیسا و داود

[٤١]عیسا پێی فەرموون: «باشە چۆن دەڵێن کە

[a] ١٧ بەردێکی گەورەیە کە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت، لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.
[b] ١٧ زەبوورەکان ٢٢:١١٨
[c] ٢٧ چینێکی جولەکە بوون کە زۆربەیان کاهین بوون، باوەڕیان بە فریشتە و هەستانەوە نەبوو.
[d] ٣٧ دەرچوون ٦:٣

مەسیح کوڕی داودە؟ [٤٢]داود خۆی لە پەڕتووکی زەبووردا دەڵێت:

«﴿یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:
”لە دەستەڕاستم دابنیشە
[٤٣]هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ بۆ
پێیەکانت.“﴾[a]

[٤٤]ئەوەتا داود پێی دەڵێ ”خاوەن شکۆ“، ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟»

## ئاگادارکردنەوە

[٤٥]کاتێك هەموو خەڵکەکە گوێیان گرتبوو، بە قوتابییەکانی فەرموو: [٤٦]«ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن، حەز دەکەن بە جلی شۆڕەوە بگەڕێن و پێیان خۆشە لە بازاڕدا سڵاویان لێ بکرێت، لە کەنیشتەکان ڕیزی پێشەوە بگرن و لە ڕیزی سەرەوەی میوانداری بن. [٤٧]ماڵی بێوەژن هەڵدەلووشن و بۆ خۆدەرخستن نوێژەکانیان درێژ دەکەنەوە. ئەمانە سزایان گەورەترە.»

## بەخشین لە پێویستی خۆت

٢١ ئینجا عیسا تەماشای کرد و بینی دەوڵەمەندەکان بەخشینیان دەخەنە ناو گەنجینەی پەرستگا. [٢]بێوەژنێکی هەژاریشی بینی دوو فلسی خستە ناوی. [٣]ئینجا فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەموویان زیاتری دانا. [٤]هەموو ئەوانەی دیکە ئەوەی لە خۆیان زیادەیە بەخشییان، بەڵام ئەم بێوەژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێوییەکەی بەخشی.»

## نیشانەکانی کۆتایی سەردەم

[٥]هەندێك لە قوتابییەکانی عیسا باسی پەرستگایان دەکرد کە بە بەردی جوان و دیارییە تەرخانکراوەکان بۆ خودا ڕازێنراوەتەوە. بەڵام عیسا پێی فەرموون:

[٦]«ئەمەی دەیبینن، ڕۆژانێك دێت بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕووخێت.»

[٧]ئینجا لێیان پرسی: «مامۆستا، کەی ئەمانە ڕوودەدەن، چ نیشانەیەك لە کاتی نزیکبوونەوەیاندا دەردەکەوێت؟»

[٨]فەرمووی: «وریابن هەڵنەخەڵەتێن، چونکە زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن: ”من ئەوم،“ و ”کاتەکە نزیك بووەتەوە.“ دوایان مەکەون. [٩]کاتێك گوێتان لە باسوخواسی جەنگ و شۆڕش دەبێت، مەتۆقن، چونکە جارێ دەبێ ئەم شتانە ببێت، بەڵام کۆتایی یەکسەر دوای ئەمە نایەت.»

[١٠]ئینجا پێی فەرموون: «نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین. [١١]لە زۆر شوێن بوومەلەرزەی گەورە و قاتوقڕی و دەرد دەبێت، ترس و نیشانەی گەورەش لە ئاسماندا دەبێت.

[١٢]«بەڵام پێش هەموو ئەمانە دەتانگرن و دەتانچەوسێننەوە، دەدرێنە کەنیشت و بەندیخانەکان، لە پێناوی ناوی من دەبردرێنە لای پاشا و فەرمانڕەواکان. [١٣]بەو شێوەیە شایەتیم بۆ دەدەن. [١٤]ئەوەتان لە بیر بێت کە پێشوەخت نیگەرانی ئەوە مەبن کە چۆن بەرگری لە خۆتان بکەن، [١٥]چونکە من دەم و داناییەکتان دەدەمێ کە هەموو بەرهەڵسکارانتان نەتوانن بەرگری بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە. [١٦]تەنانەت دایك و باوك و برا، خزم و هاوڕێیانیش بە گرتنتان دەدەن، لێتان دەکوژن. [١٧]لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە. [١٨]بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت. [١٩]بە خۆڕاگرتنتان خۆتان دەبەنەوە.

## هاتنەوەی عیسای مەسیح

[٢٠]«کاتێك دەبینن بە سوپا دەوری ئۆرشەلیم دراوە، ئەوسا بزانن ڕووخانی نزیك بووەتەوە. [٢١]ئینجا با ئەوانەی لە هەرێمی یەهودیا نیشتەجێن با هەڵبێن بۆ چیاکان و ئەوانەی لەناو شارەکەدان بچنە دەرەوە، هەروەها دانیشتووانی گوندەکان نەچنە ناو شار، [٢٢]چونکە ئەمانە ڕۆژانی تۆڵەسەندنەوەن،

[a] ٤٣ زەبوورەکان ١:١١٠

تاكو هەرچی نووسراوە بێتە دی. [٢٣]لەو ڕۆژانەدا قوڕبەسەر ژنی دووگیان یان شیردەر، چونكە ناخۆشییەكی گەورە بەسەر زەویدا دێت و تووڕەییش بەسەر ئەم گەلە. [٢٤]بە شمشێر دەكوژرێن و بۆ نێو هەموو نەتەوەكان ڕاپێچ دەكرێن، ئۆرشەلیم لەلایەن نەتەوەكانەوە پێشێل دەكرێت، هەتا ڕۆژگاری نەتەوەكان تەواو دەبێت.

[٢٥]«لە خۆر و مانگ و ئەستێرەكان نیشانە دەردەكەون، لەسەر زەویش سەرسامی گەلان، شێوانی هاژەی دەریا و شەپۆل. [٢٦]لە ترس و چاوەڕوانی ئەو شتانەی بەسەر جیهاندا دێن، خەڵكی بێ هۆش دەبن، چونكە خۆر و مانگ و ئەستێرەكانی ئاسمان دەهەژێن. [٢٧]ئەوسا كوڕی مرۆڤ بە هێز و شكۆیەكی گەورەوە بەسەر هەورەوە دەبینن دێت. [٢٨]كاتێك ڕوودانی ئەم شتانە دەستی پێكرد، هەستن و سەر بەرز بكەنەوە، چونكە ڕزگاریتان[a] نزیك دەبێتەوە.»

[٢٩]نموونەیەكی بۆ هێنانەوە: «سەیری دار هەنجیر و هەموو دارەكان بكەن. [٣٠]كاتێك دەبینن ئەوا گەڵای كردووە، خۆتان دەزانن كە هاوین نزیكە. [٣١]ئێوەش كە دەبینن ئەمانە ڕوودەدات، بزانن پاشایەتی خودا نزیكە.

[٣٢]«ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم نەوەیە بەسەرناچێت، هەتا هەموو ئەمانە نەیەنە دی. [٣٣]ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەكانم هەرگیز بەسەرناچن.»

## بەخەبەر بن و وریابن

[٣٤]«ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك دڵتان لەسەر ڕابواردن و سەرخۆشی و خەم و خەفەتی ژیان بێت و ئەو ڕۆژە لەناكاو وەك تەڵە بەسەرتاندا بدات، [٣٥]چونكە دێتە سەر هەموو ئەوانەی لەسەر تەواوی ڕووی زەوی دانیشتوون. [٣٦]كەواتە ئێشك بگرن و هەموو كاتێك نوێژ بكەن، تاكو بتوانن لە هەموو ئەو ڕووداوانە دەرباز بن كە تووشتان دەبن و لەبەردەم كوڕی مرۆڤ ڕاوەستن.»

[a] ٢٨ یۆنانی: كڕینەوە.

[٣٧]عیسا بە ڕۆژ لە پەرستگا خەریكی فێركردن بوو، شەوانیش لەو كێوە بەسەردەبرد كە پێی دەگوترا زەیتوون. [٣٨]هەموو خەڵك لە بەرەبەیان دەهاتنە پەرستگا بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن.

## ناپاكی یەهوزا

٢٢ جەژنی فەتیرە كە پێی دەگوترا پەسخە نزیك ببووەوە. [٢]كاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات لە گەل دەترسان و بۆ ڕێگایەك دەگەڕان كە عیسای پێ لەناوبەرن.

[٣]شەیتان چووە ناو یەهوزاوە، كە پێی دەگوترا ئەسخەریوتی، یەكێك بوو لە دوازدە قوتابییەكە. [٤]چوو و قسەی لەگەڵ كاهینانی باڵا و فەرماندەكانی پەرستگا كرد، چۆن عیسایان ڕادەست بكات. [٥]دڵخۆش بوون و ڕێككەوتن بەوەی كیسە زیوی بدەنێ. [٦]ئەویش بەمە ڕازی بوو، دەگەڕا بۆ هەلێك تاكو عیسا بداتە دەستیان كاتێك كە خەڵكیان لەگەڵ نەبێت.

## جەژنی پەسخە

[٧]ڕۆژی فەتیرە هات، ئەوەی پێویست بوو بەرخی پەسخەی[b] تێدا بكرێتە قوربانی. [٨]عیسا پەترۆس و یۆحەنای نارد و فەرمووی: «بڕۆن نانی پەسخەمان بۆ ئامادە بكەن تاكو بیخۆین.»

[٩]لێیان پرسی: «دەتەوێ لەكوێ ئامادەی بكەین؟»

[١٠]پێی فەرموون: «كاتێك دەچنە ناو شار، تووشی پیاوێك دەبن گۆزەیەك ئاوی هەڵگرتووە، دوای بكەون بۆ ئەو ماڵەی كە بۆی دەچێت. [١١]ئینجا بە خاوەن ماڵەكە بڵێن: ”مامۆستا دەفەرموێت: كوا دیوەخانەكە تاكو لەگەڵ قوتابییەكانم نانی پەسخەی تێدا بخۆم؟“ [١٢]ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێكتان پیشان دەدات، گەورەیە و ڕاخراوە، لەوێ ئامادەی بكەن.»

[b] ٧ قوربانی پەسخە: سەربڕینی بەرخ لە یادی ئەو قوربانییەی لە سەردەمی موسا لە میسردا سەربڕدراوە، بڕوانە دەرچوون ١٢:١-٢٨.

١٣جا ڕۆیشتن، هەروەك عیسا پێی فەرمووبوون
دۆزییانەوە و نانی پەسخەیان ئامادە کرد.

## شێوی مەسیح

١٤کە کاتەکە هات عیسا لەسەر خوان دانیشت،
نێردراوانیش لەگەڵی بوون. ١٥پێی فەرموون: «زۆر
ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم نانەی پەسخەتان
لەگەڵ بخۆم، ١٦چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر نانی پەسخە
ناخۆم هەتا لە شانشینی خودا بە تەواویی دێتە دی.»
١٧جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد،
فەرمووی: «ئەمە بگرن و لەنێوان خۆتان بەشی بکەن.
١٨پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە هەتا
شانشینی خودا دێت!»
١٩نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی
کرد، پێیدان و فەرمووی: «ئەمە جەستەی منە، کە
لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێ. ئەمە بۆ یادکردنەوەی
من بکەن.»
٢٠بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی
هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە
خوێنی من، کە بۆ ئێوە ڕژاوە. ٢١بەڵام ئەو دەستەی
کە بە گرتنم دەدات لەگەڵ من لەسەر خوانە. ٢٢کوڕی
مرۆڤ بەگوێرەی ئەوەی بۆی دانراوە دەڕوات، بەڵام
قوڕبەسەر ئەوەی ناپاکی لێدەکات.» ٢٣ئیتر لەناو
خۆیان کەوتنە مشتومڕ، ئاخۆ کامیان خەریکە ئەمە
بکات.

## گەڕان بەدوای پلەوپایە

٢٤هەروەها دەمەقاڵەیەك کەوتە نێوانیان،
کامیان بە پایەبەرز دابنرێت. ٢٥عیسا پێی فەرموون:
«پاشایانی نەتەوەکان دەبنە فەرمانڕەوایان و
دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە ”چاکەکار“
ناودەبردرێن. ٢٦بەڵام ئێوە ئاوا مەبن. بەڵکو
با پایەبەرز لەنێوتاندا ببێتە بچووك و ئەوەی
ڕابەری دەکات وەکو خزمەتکارەکەتان بێت. ٢٧کێ
پایەبەرزترە، ئەوەی لەسەر خوان دانیشتووە یان
ئەوەی خزمەت دەکات؟ بێگومان ئەوەی کە لەسەر
خوان دانیشتووە. بەڵام من لەنێوتان وەك ئەوەم کە
خزمەت دەکات.
٢٨«ئێوە ئەوانەن کە لە تاقیکردنەوەکانمدا
لەگەڵم مانەوە. ٢٩منیش شانشینێکتان بۆ دادەنێم،
هەروەك باوکم بۆی داناوم، ٣٠تاکو لە شانشینەکەمدا
لەسەر خوانەکەم بخۆن و بخۆنەوە، لەسەر تەخت
دادەنیشن و دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل حوکم
دەدەن.

## لاوازی باوەڕی پەترۆس

٣١«شیمۆن، شیمۆن، شەیتان داوای کردوون تاکو
تاقیت بکاتەوە، وەك گەنم لە بێژنگتان بدات. ٣٢بەڵام
من نوێژم بۆ کردیت تاکو باوەڕت لەدەست نەدەیت.
تۆش کە دەگەڕێیتەوە برایانت بەهێز بکە.»
٣٣ئەویش پێی گوت: «گەورەم، من ئامادەم لەگەڵ
تۆدا بۆ زیندان و بۆ مردنیش بچم.»
٣٤کەچی عیسا فەرمووی: «پەترۆس پێت دەڵێم،
ئەمڕۆ پێش خوێندنی کەڵەشێر، تۆ سێ جار نکۆڵی
لە ناسینی من دەکەیت.»
٣٥ئینجا پێی فەرموون: «کاتێك ئێوەم بەبێ جزدان
و توورەکە و پێڵاو نارد، ئایا پێویستتان بە هیچ بوو؟»
گوتیان: «نەخێر.»
٣٦پێی فەرموون: «بەڵام ئێستا ئەوەی جزدان و
توورەکەی هەیە با بیبات لەگەڵ خۆی. ئەوەش کە
شمشێری نییە، با جلەکانی بفرۆشێت و شمشێر
بکڕێت. ٣٧من پێتان دەڵێم: ئەمەی نووسراوە:
﴿لەگەڵ یاخیبووان ژمێردرا.﴾[a] پێویستە لە مندا بێتە
دی، چونکە ئەو شتانەی لەبارەی منەوە نووسراون
دێنە دی.»
٣٨گوتیان: «گەورەم، ئەوەتا دوو شمشێر لێرەیە.»
پێی فەرموون: «بەسە.»

## نوێژی عیسا لە کێوی زەیتوون

٣٩پاشان عیسا وەك جاران چوو بۆ کێوی زەیتوون،
قوتابییەکانیش دوای کەوتن. ٤٠کاتێك گەیشتە

[a] ٣٧ ئیشایا ١٢:٥٣

شوێنەکە، پێی فەرموون: «نوێژ بکەن تاکو نەکەونە
تاقیکردنەوە.» [٤١]ئینجا نزیکەی بەردهاوێژێك
لێیان دوورکەوتەوە، چۆکی دادا و نوێژی دەکرد.
[٤٢]فەرمووی: «باوکە، ئەگەر دەتەوێت ئەم جامەم
لەسەر لاببە، بەڵام نەك بە خواستی من، بەڵکو بە
خواستی خۆت بێت.» [٤٣]فریشتەیەکیش لە ئاسمانەوە
بۆی دەرکەوت بەهێزی دەکرد. [٤٤]کە لە ململانێدا
بوو، زۆر بە گوڕتر نوێژی دەکرد و ئارەقەکەی وەك
دڵۆپی خوێنی لێهات دەکەوتە سەر زەوی.
[٤٥]ئینجا لە نوێژەکە هەستا و هاتە لای قوتابییەکان،
بینی لە خەمان خەویان لێ کەوتووە. [٤٦]پێی
فەرموون: «بۆچی خەوتوون؟ هەستن، نوێژ بکەن
تاکو نەکەونە تاقیکردنەوە.»

## گرتنی عیسا

[٤٧]کاتێك قسەی دەکرد کۆمەڵێك پەیدابوون،
ئەوەی پێی دەگوترا یەهوزا و یەکێکە لە دوازدە
قوتابییەکە پێشیان کەوتووە، لە عیسا نزیك بووەوە
تاکو ماچی بکات. [٤٨]عیساش پێی فەرموو: «ئەی
یەهوزا، بە ماچێك کوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدەیت؟»
[٤٩]ئەوانەی دەوروپشتی کاتێك بینییان وا خەریکە
شتێك ڕوودەدات، گوتیان: «گەورەم، شمشێر
بوەشێنین؟» [٥٠]جا یەکێکیان لە کۆیلەی سەرۆك
کاهینی دا و گوێی ڕاستی بڕی.
[٥١]بەڵام عیسا فەرمووی: «ڕاوەستن، ئەمە بەسە!»
ئینجا دەستی لە گوێی دا و چاکیکردەوە.
[٥٢]پاشان عیسا بە کاهینانی باڵا و فەرماندەی
پەرستگا و پیرانی فەرموو: «هەروەك بۆ گرتنی
یاخیبووێك بە کوتەك و شمشێرەوە هاتوون؟ [٥٣]ڕۆژانە
لە حەوشەکانی پەرستگا لەگەڵتان بووم دەستتان لێ
نەدام. بەڵام ئەمە کاتی ئێوەیە، کاتی دەسەڵاتی
تاریکییە.»

## نکۆڵی پەترۆس لە عیسا

[٥٤]ئیتر گرتییان، بردییان و هێنایانە ماڵی سەرۆك
کاهین. پەترۆسیش دووربەدوور دوای کەوت.
[٥٥]هەندێك کەس لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا ئاگریان
کردبووەوە و پێکەوە دانیشتبوون، پەترۆسیش
لەگەڵیان دانیشتبوو. [٥٦]کارەکەرێك ئەوی بینی لەبەر
ڕووناکی دانیشتووە، تێیڕووانی و گوتی: «ئەمەش
لەگەڵی بوو.»
[٥٧]بەڵام نکۆڵیی کرد و گوتی: «نەخێر خانم،
نایناسم.»
[٥٨]دوای کەمێك، یەکێکی دیکە بینی، گوتی: «تۆش
لەوانیت.» بەڵام پەترۆس گوتی: «نەخێر کاکە، من
لەوان نیم.»
[٥٩]دوای نزیکەی کاتژمێرێك، یەکێکی دیکە مکوڕ
بوو، گوتی: «بەڕاستی ئەمەش لەگەڵی بوو، چونکە
ئەمەش جەلیلییە.»
[٦٠]بەڵام پەترۆس گوتی: «کاکە، نازانم چی
دەڵێیت.» هەر لەو کاتەدا کە قسەی دەکرد، کەڵەشێر
خوێندی. [٦١]مەسیحی خاوەن شکۆش ئاوڕی دایەوە
و سەیری پەترۆسی کرد، ئینجا پەترۆس قسەکەی
مەسیحی بیرکەوتەوە کە پێی فەرموو: «ئەمڕۆ پێش
ئەوەی کەڵەشێر بخوێنێت، تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ
دەکەیت.» [٦٢]ئیتر چووە دەرەوە و بەکوڵ گریا.

## عیسا لەبەردەم سەنهەدرین

[٦٣]ئەوانەی عیسایان گرتبوو، دەستیان بە گاڵتە
پێکردن و لێدانی کرد. [٦٤]چاویان بەستبوو و لێیان
دەپرسی: «ئەگەر پێغەمبەریت، بزانە! کێ بوو
لێیدایت؟» [٦٥]زۆر کفری دیکەشیان لە دژی دەکرد.
[٦٦]کە ڕۆژبووەوە، ئەنجومەنی پیرانی گەل
کۆبوونەوە، کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات
عیسایان بردە سەنهەدرینەکەیان. [٦٧]گوتیان: «ئەگەر
تۆ مەسیحەکەیت پێمان بڵێ.»
ئەویش پێی فەرموون: «ئەگەر پێتانی بڵێم باوەڕ
ناکەن. [٦٨]ئەگەر لێشتان بپرسم وەڵام نادەنەوە.
[٦٩]بەڵام لە ئێستاوە کوڕی مرۆڤ ﴿لە دەستە ڕاستی
خودای بە توانا دادەنیشێت.﴾[a]»
[٧٠]هەموو لێیان پرسی: «کەواتە تۆی کوڕی خودا؟»

[a] ٦٩ زەبوورەکان ١:١١٠

ئەویش پێی فەرموون: «ئێوە خۆتان دەڵێن کە من
ئەوم.»
٧١ئینجا گوتیان: «ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت
هەیە؟ ئەوەتا لە دەمی خۆیەوە گوێمان لێبوو.»

## پیلاتۆس و هێرۆدس

٢٣ ئینجا هەموو کۆمەڵەکە هەستان و
عیسایان بردە لای پیلاتۆس. ٢دەستیان
بە سکاڵا لێکردنی کرد، دەیانگوت: «بینیمان ئەمە
گەلەکەمان چەواشە دەکات، هەروەها هانی
خەڵکەکە دەدات کە سەرانە بە قەیسەر نەدەن و
خۆی بە مەسیحی پاشا ناودەبات.»
٣پیلاتۆس لێی پرسی: «تۆ پاشای جولەکەی؟»
وەڵامی دایەوە: «تۆ خۆت وا دەڵێیت.»
٤پیلاتۆسیش بە کاهینانی باڵا و خەڵکەکەی گوت:
«هیچ تاوانێك لەم پیاوە نابینم.»
٥بەڵام پێیان داگرت و گوتیان: «گەل دەوروژێنێت،
لە هەموو یەهودیا خەڵك فێردەکات، دەستپێك لە
جەلیلەوە هەتا ئێرە.»
٦کاتێك پیلاتۆس ئەمەی بیست، پرسیاری کرد ئاخۆ
پیاوەکە جەلیلییە. ٧کە زانی عیسا سەر بەو ناوچەیە
کە هێرۆدس حوکمڕانی دەکرد، ناردی بۆ لای
هێرۆدس، کە لەو ڕۆژانەدا ئەویش لە ئۆرشەلیم بوو.
٨کاتێك هێرۆدس عیسای بینی، زۆر دڵخۆش بوو،
چونکە دەمێك بوو دەیویست بیبینێت لەبەر ئەوەی
زۆر شتی لەبارەیەوە بیستبوو و بەو هیوایە بوو کە
یەکێك لە پەرجووەکانی ببینێت. ٩جۆرەها پرسیاری
لێکرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. ١٠کاهینانی باڵا
و مامۆستایانی تەوراتیش ڕاوەستان و بە توندی
سکاڵایان لێی دەکرد. ١١هێرۆدس و سەربازەکانی
سووکایەتی و گاڵتەیان پێی دەکرد. کەوایەکی
بریسکەداریان لەبەری کرد و ناردیانەوە بۆ لای
پیلاتۆس. ١٢پیلاتۆس و هێرۆدس پێشتر دوژمنی
یەکتری بوون، بەڵام لەو ڕۆژەدا لەگەڵ یەکتری بوونە
دۆست.

## بڕیاری لەخاچدانی عیسا

١٣پیلاتۆس کاهینانی باڵا و پێشەوایان و گەلی
بانگکرد و ١٤پێی گوتن: «ئەم پیاوەتان هێنایە لام
وەك یەکێك خەڵك بۆ یاخیبوون هانبدات. ئەوەتا
منیش لەبەردەمتان لێم کۆڵییەوە و هیچ تاوانێکم
لەم پیاوەدا نەبینی لەوەی سکاڵای لێدەکەن. ١٥نە
هێرۆدسیش، چونکە بۆ لای ئێمەی ناردووەتەوە.
هەروەك دەبینن، هیچ شتێکی وای نەکردووە کە
شایانی سزای مردن بێت. ١٦لەبەر ئەوە تەمبێی
دەکەم و ئازادی دەکەم.» [ ١٧ناچار بوو لە هەموو
جەژنێکدا کەسێکیان بۆ ئازاد بکات.]
١٨بەڵام تێکڕا هاواریان کرد، «ئەمە ببە! باراباسمان
بۆ ئازاد بکە!» ١٩ئەوەی لەبەر ڕاپەڕینێك کە لە شاردا
ڕوویدا بوو و لەبەر کوشتن فڕێدرابووە بەندیخانەوە.
٢٠پیلاتۆس دیسان بانگی کردن، دەیویست عیسا
ئازاد بکات. ٢١بەڵام هاواریان دەکرد: «لە خاچی بدە!
لە خاچی بدە!»
٢٢بۆ جاری سێیەم پێی گوتن: «بۆ؟ ئەمە چ
خراپەیەکی کردووە؟ تاوانێکی تێدا نابینم کە
سزایەکەی مردن بێت. لەبەر ئەوە تەمبێی دەکەم و
ئازادی دەکەم.»
٢٣بەڵام ئەوان پێداگرییان کرد و بە دەنگی بەرز
داوایان دەکرد لە خاچ بدرێت، جا بەمە قسەکەیان
سەرکەوت. ٢٤پیلاتۆسیش بڕیاری دا داواکارییەکەیان
جێبەجێ بکرێت. ٢٥ئەوەی لەبەر ڕاپەڕین و کوشتن
فڕێدرابووە زیندانەوە ئازادی کرد، ئەوەی داوایان
کرد، عیساشی دایە دەست خواستی ئەوان.

## لە ڕێگای لەخاچدان

٢٦کاتێك بردیان، شیمۆنی کورێنییان[a] گرت کە
لە کێڵگە دەهاتەوە، خاچەکەیان خستە سەر شانی
تاکو بەدوای عیساوە هەڵیبگرێت. ٢٧خەڵکێکی لە
ڕادەبەدەر زۆر دوای کەوتبوون، هەروەها چەند
ژنێك شینیان دەکرد و دەگریان. ٢٨عیسا ئاوڕی

[a] ٢٦ شارێکی یۆنانی بوو کە دەکەوێتە ناو وڵاتی لیبیای ئەمڕۆ.

لێ دانەوە، فەرمووی: «کچانی ئۆرشەلیم بۆ من
مەگریێن، بۆ خۆتان و منداڵەکانتان بگریێن. ٢٩ئەوەتا
ڕۆژانێك دێت، تێیدا دەڵێن، خۆزگە دەخوازرێت
بە نەزۆك و بەو سکانەی منداڵیان نەبووە و بەو
مەمکانەی شیریان نەداوە. ٣٠ئەو کاتە

«﴿بە چیاکان دەڵێن، ”بەسەرماندا بڕووخێن!“
بە گردەکانیش دەڵێن، ”دامانپۆشن!“﴾[a]

٣١چونکە ئەگەر ئەم شتانە بە داری سەوز بکەن، ئەی
کە وشك بێت، چی دەبێت؟»

## لەخاچدان

٣٢دوو تاوانباری دیکەشیان هێنا تاکو لەگەڵ ئەودا
بکوژرێن. ٣٣کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەسەر
ناودەبردرا، لەوێ لەگەڵ تاوانبارەکان لە خاچیان دا،
یەکێك لەلای ڕاستی و ئەوەی دیکەش لەلای چەپی.
٣٤عیساش فەرمووی: «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە
نازانن چی دەکەن.» ئینجا بە تیروپشك کراسەکەیان
دابەش کرد.
٣٥خەڵکەکە ڕاوەستابوون سەیریان دەکرد،
ڕابەرەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگوت: «خەڵکی
دیکەی ڕزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی خودایە،
هەڵبژێردراوی خودایە، با خۆی ڕزگار بکات!»
٣٦سەربازانیش دەهاتنە لای گاڵتەیان پێ دەکرد،
سرکەیان پێدەدا، ٣٧دەیانگوت: «ئەگەر تۆ پاشای
جولەکەیت، خۆت ڕزگار بکە!»
٣٨تەختەیەکیش لەژوور سەرییەوە داکوترابوو کە
لەسەری نووسرابوو، «ئەمە پاشای جولەکەیە.»
٣٩یەکێك لە تاوانبارە هەڵواسراوەکان، کفری لە
دژی دەکرد و دەیگوت: «ئایا تۆ مەسیح نیت؟ دەی
خۆت و ئێمەش ڕزگار بکە.»
٤٠بەڵام ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی
کرد: «لە خودا ناترسی، کە تۆش هەمان سزات
بەسەردا دراوە؟ ٤١سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە
جیاتی کردارەکانمان وەریدەگرین، بەڵام ئەمە هیچ
هەڵەی نەکردووە.»
٤٢ئینجا گوتی: «عیسا منت لەیاد بێت کاتێك وەك
پاشا دێیتە ناو شانشینەکەتەوە.»
٤٣پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ
من لە بەهەشتدا دەبیت.»

## مردنی عیسا

٤٤نزیکی کاتژمێر دوازدە[b]، هەتا کاتژمێر سێ[c]
تاریکی باڵی بەسەر هەموو زەویدا کێشا، ٤٥چونکە
ڕۆژ تاریك بوو. پەردەی پەرستگاش شەقبوو و بووە
دوو پارچە. ٤٦عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
«باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم.» ئەمەی
فەرموو و گیانی سپارد.
٤٧سەرپەلەکە ئەم شتانەی بینی کە ڕوویدا،
ستایشی خودای کرد، گوتی: «بەڕاستی ئەم پیاوە
بێتاوان بوو.» ٤٨هەموو ئەو خەڵکەی بۆ ئەم دیمەنە
کۆببوونەوە، کاتێك ئەوەیان بینی کە ڕوویدا،
بە سنگکوتانەوە دەگەڕانەوە. ٤٩بەڵام هەموو
ناسیاوەکانی و ئەو ژنانەی لە جەلیلەوە دوای
کەوتبوون، لە دوور ڕاوەستابوون و تەماشای ئەم
شتانەیان دەکرد.

## ناشتنی عیسا

٥٠ئەوە بوو ئەندامێکی ئەنجومەن ناوی یوسف
بوو، کابرایەکی چاك و ڕاستودروست بوو، ٥١لە
ئەنجومەن و کردارەکەیان ڕازی نەبوو. خەڵکی
ڕامە بوو کە شارێکی یەهودیایە، چاوەڕوانی
شانشینی خودا بوو. ٥٢ئەم چووە لای پیلاتۆس
و داوای تەرمەکەی عیسای کرد. ٥٣دایگرت و بە
کەتان پێچایەوە، لە گۆڕێکی لە بەرد هەڵکەنراو
داینا کە هەرگیز کەسی تێدا دانەنرابوو. ٥٤ئەو ڕۆژە
خۆ ئامادەکردن بوو، ئەوەندەی نەمابوو بۆ ڕۆژی
شەممە.

[a] ٣٠ هۆشەع ١٠:٨

[b] ٤٤ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.
[c] ٤٤ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

٥٥ئەو ژنانەی لە جەلیلەوە لەگەڵ عیسا هاتبوون،
دوای یوسف کەوتن، گۆڕەکە و تەرمەکەیان بینی
چۆن دانرا. ٥٦ئینجا گەڕانەوە و بۆنوبەرامیان ئامادە
کرد، بەڵام لە ڕۆژی شەممە بەگوێرەی ڕاسپاردەکە[a]
پشوویان دا.

## زیندووبوونەوەی عیسای مەسیح

٢٤ بەڵام لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا[b]، بەیانی
زوو، ژنەکان ئەو بۆنوبەرامەی ئامادەیان
کردبوو هێنایان و هاتنە سەر گۆڕەکە. ٢بینییان
بەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە. ٣چوونە
ژوورەوە، بەڵام تەرمەکەی عیسای خاوەن شکۆیان
نەدۆزییەوە. ٤هێشتا لەمە سەرسام بوون، لەپڕ دوو
پیاو بە جلی بریسکەدارەوە لەتەنیشتیان ڕاوەستان.
٥ترسان و کڕنۆشیان برد و سەریان خستە سەر
زەوی، پیاوەکان پێیان گوتن: «بۆچی لەنێو مردووان
بەدوای زیندووەکەدا دەگەڕێن؟ ٦لێرە نییە، بەڵکو
هەستایەوە! بیهێننەوە بیرتان کە هێشتا لە جەلیل
بوو چۆن قسەی بۆ کردن، ٧فەرمووی: ”کوڕی مرۆڤ
دەبێت بدرێتە دەست خەڵکی گوناهبار، لە خاچ
بدرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێتەوە.“» ٨ئینجا
قسەکانیان هاتەوە یاد.

٩کاتێک لە گۆڕەکە هاتنەوە، هەواڵی هەموو
ئەم شتانەیان بە یازدەکە و هەموو ئەوانی دیکە
دا. ١٠مریەمی مەجدەلی و یوەنا و مریەمی دایکی
یاقوب و ئەوانی دیکەی لەگەڵیان بوون، ئەم
شتانەیان بە نێردراوان گوت. ١١قسەکەیان لەلای
ئەوان وەک وڕێنە بوو، باوەڕیان پێ نەکردن. ١٢بەڵام
پەترۆس هەستا و بەرەو گۆڕەکە ڕایکرد، دانەوییەوە
بینی کفنەکە بە تەنها دانراوە، ڕۆیشت و سەرسام
بوو لەوەی ڕوویدابوو.

## دووان لە قوتابییەکان عیسا دەبینن

١٣هەر لەو ڕۆژەدا دووان لەوان دەچوونە گوندێک
شەست تیرهاوێژ[c] لە ئۆرشەلیم دوور بوو، ناوی
ئەمواس بوو. ١٤لەگەڵ یەکتری باسی هەموو ئەو
شتانەیان دەکرد کە ڕوویدابوو. ١٥کاتێک قسە و
گفتوگۆیان دەکرد، عیسا خۆی لێیان نزیک بووەوە
و لەگەڵیان دەڕۆیشت، ١٦بەڵام چاویان لە ناسینی
بەسترا.

١٧پێی فەرموون: «ئەوە بەڕێوە باسی چی
دەکەن؟»

بە ڕوویەکی خەمناکەوە ڕاوەستان. ١٨یەکێکیان
ناوی کلیۆپاس بوو وەڵامی دایەوە: «ئایا تەنها تۆ لە
ئۆرشەلیم نامۆیت و ئاگات لەو شتانە نییە کە لەم
ڕۆژانەدا تێیدا ڕوویداوە؟»

١٩پێی فەرموون: «چییە؟»

وەڵامیان دایەوە: «باسی عیسای ناسیرەیی،
کە پێغەمبەرێکی توانادار بوو لە قسە و کرداردا،
لەلای خودا و هەموو گەل، ٢٠چۆن کاهینانی باڵا و
فەرمانڕەواکانمان دایانە دەست سزای مردن و لە
خاچیان دا. ٢١بەڵام ئێمە هیوادار بووین کە ئەمە ئەو
کەسە بێت کە ئیسرائیل دەکڕێتەوە[d]. لەگەڵ هەموو
ئەمانەشدا ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژە ئەمە ڕوویداوە.
٢٢کەچی هەندێک لە ژنانمان سەرسامیان کردین،
بەیانی زوو لەسەر گۆڕەکە بوون و ٢٣تەرمەکەیان
نەبینیبوو، هاتنەوە گوتیان، فریشتەمان بینیوە دەڵێن
ئەو زیندووە. ٢٤هەندێک لە ئێمە چوونە سەر گۆڕەکە
و بینییان وایە، وەک ژنەکان گوتیان، بەڵام ئەویان
نەبینیبوو.»

٢٥ئەویش پێی فەرموون: «ئەی گێل و دڵخاوەکان
لە باوەڕکردن بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان
کردووە! ٢٦نەدەبوایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و
بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟» ٢٧ئەوسا دەستی
کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەربارەی خۆی
بوو لە هەموو نووسراوە پیرۆزەکاندا، هەر لە تەوراتی
موساوە هەتا هەموو پەڕتووکەکانی پێغەمبەران.
٢٨کاتێک نزیکی ئەو گوندە بوون کە بۆی دەچوون،

---

[a] ٥٦ مەبەست لە تەوراتی موسایە، بڕوانە دەرچوون ٢٠:٨-١١.
[b] ١ ڕۆژی یەکشەممە.
[c] ١٣ نزیکەی ١١ کیلۆمەتر.
[d] ٢١ مەبەست لە ڕزگاریی ئیسرائیلە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمانی.

عیسا وای نیشان دا کە بۆ شوێنێکی دوورتر دەچێت.
[٢٩]ئەوانیش زۆر لێی پاڕانەوە، گوتیان: «لەلامان
بمێنەرەوە، چونکە وا ئێوارەیە و ڕۆژ لە ئاوابوونە.»
جا چووە ژوورەوە تاکو لەگەڵیان بمێنێتەوە.
[٣٠]کاتێک لەگەڵیان دانیشتبوو، نانێکی هەڵگرت،
سوپاسی خودای کرد، پاشان لەتی کرد و پێیدان.
[٣١]ئینجا چاویان کرایەوە و ناسیانەوە، ئیتر
لەبەرچاویان نەما. [٣٢]بە یەکتریان گوت: «ئەرێ کاتێک
لە ڕێگا قسەی بۆ دەکردین و نووسراوە پیرۆزەکانی
بۆمان ڕوون دەکردەوە، دڵمان لە ناخماندا گڕی
نەگرتبوو؟»
[٣٣]ئینجا دەستبەجێ هەستان و هاتنەوە ئۆرشەلیم،
بینییان یازدەکە و ئەوانەی لەگەڵیاندان کۆبوونەتەوە
و [٣٤]دەڵێن: «بە ڕاستی مەسیحی خاوەن شکۆ
هەستاوەتەوە و بۆ شیمۆن دەرکەوتووە.» [٣٥]ئەمانیش
باسی ئەو شتانەیان کرد کە لە ڕێگا بەسەریان
هاتبوو، هەروەها لە کاتی نانلەتکردنەکەدا چۆن
مەسیحیان ناسییەوە.

## عیسا بۆ نێردراوان دەردەکەوێ

[٣٦]کە باسی ئەمەیان دەکرد، عیسا خۆی
لەناوەڕاستیان ڕاوەستا و پێی فەرموون: «سڵاوتان لێ
بێت.»
[٣٧]سام دایگرتن و ترسان، وایان دەزانی خێو دەبینن.
[٣٨]پێی فەرموون: «بۆچی شێواون؟ بۆچی گومان
دەکەوێتە دڵتان؟ [٣٩]سەیری دەست و پێم بکەن. بڕوا
بکەن، منم! دەستم لێ بدەن و ببینن، چونکە خێو
گۆشت و ئێسقانی نییە وەک دەبینن کە هەمە.»
[٤٠]کە ئەمەی فەرموو، دەست و پێی نیشاندان. [٤١]لە
خۆشی و سەرسوڕماندا هێشتا باوەڕیان نەدەکرد،
پێی فەرموون: «لێرە خواردنتان هەیە؟» [٤٢]ئەوانیش
پارچەیەک ماسی برژاویان دایێ. [٤٣]وەریگرت و
لەبەرچاویان خواردی.
[٤٤]ئینجا پێی فەرموون: «ئەم قسانەم بۆ کردن
کاتێک لەگەڵتان بووم: پێویستە هەموو ئەوانەی لە
تەوراتی موسا و پێغەمبەران و زەبووردا دەربارەی
من نووسراون بێنە دی.»
[٤٥]ئینجا مێشکی کردنەوە، تاکو نووسراوە
پیرۆزەکان تێبگەن. [٤٦]پێی فەرموون: «ئاوا نووسراوە،
کە مەسیح ئازار دەچێژێت و لە ڕۆژی سێیەم
لەنێو مردووان هەڵدەستێتەوە، [٤٧]بە ناوی ئەویش
تۆبەکردن بۆ لێخۆشبوونی گوناه بۆ هەموو گەلان
جاڕبدرێت، ئەمەش لە ئۆرشەلیمەوە دەستپێدەکات.
[٤٨] ئێوە شایەتی ئەم شتانەن. [٤٩]وا من بەڵێنەکەی
باوکمتان بۆ دەنێرم. بەڵام لە شار بمێننەوە، هەتا لە
ئاسمانەوە پڕ دەکرێن لە هێز.»

## گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان

[٥٠]ئینجا ئەوانی بۆ گوندی بێتعەنیا بردە
دەرەوە، دەستی بەرز کردەوە و بەرەکەتداری کردن.
[٥١]کاتێک بەرەکەتداری دەکردن، لێیان جیا بووەوە
و بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان. [٥٢]ئەوانیش کڕنۆشیان بۆ
برد و بە شادییەکی گەورەوە گەڕانەوە ئۆرشەلیم.
[٥٣]بەردەوام لە پەرستگا بوون و ستایشی خودایان
دەکرد.

# مزگێنی بەپێی نووسینی یۆحەنا

**کورتە باسێك**

یۆحەنای کوڕی زەبدی، برای یاقوب، ناسراو بە هەورەتریشقە، ماسیگرێك بوو لە جەلیل. بووە یەکێك لە قوتابییەکانی عیسا کە پەیوەندییەکی تایبەتی بەهێزی لەگەڵ هەبووە، وا باسی خۆی دەکات کە خۆشەویستی عیسا بووە (بڕوانە یۆحەنا ٢٦:١٩). لە نزیکەی ساڵانی (٨٥–٩٠ ز.) لەدوای کاولبوونی ئۆرشەلیم، بەر لە دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی پەتمۆس بە سروشی ڕۆحی پیرۆز مژدەی شانشینی خودا و سەربوردەی ژیانی عیسای نووسییەوە.

بۆ ئەوانە دەنووسێ کە تازە باوەڕیان هێناوە، هەروەها بۆ کەسانی بێباوەڕ کە بەدوای خودا دەگەڕێن، هەتا باوەڕ بهێنن: «ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.» (٣١:٢٠). بۆ سەلماندنی پەیامەکەی حەوت پەرجووی (موعجیزە) عیسای هەڵبژاردووە:

١. گۆڕینی ئاو بۆ شەراب، لە شایی لە قانا (١:٢-١٢).
٢. چاککردنەوەی کوڕی کاربەدەستێکی پاشا (٤٣:٤-٥٤).
٣. چاککردنەوەی نەخۆشێك لە حەوزی بێتحەسدا (١:٥-١٦).
٤. تێرکردنی پێنج هەزار کەس (١:٦-١٥).
٥. ڕۆیشتن بەسەر ئاودا (١٦:٦-٢١).
٦. چاککردنەوەی کەسێکی بە زگماك نابینا (١:٩-٤١).
٧. زیندووکردنەوەی لەعازر (١:١١-٤٤).

هەروەها گرنگی بە مردنی مەسیح دەدات، چونکە نیوەی پەڕتووکەکە (لە بەشی ١٢–٢١) باسی دوایین شەش ڕۆژی ژیانی مەسیح دەکات. زۆربەی ئەو بابەتانەی یۆحەنا نووسیویەتی لە مزگێنیی نووسەرەکانی دیکەدا نەهاتووە.

## وشەی خودا

١ لە سەرەتادا، وشەکە[a] هەبوو، وشەکە لەلای خودا
بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ٢ئەو لە سەرەتاوە
لەلای خودا بوو. ٣هەموو شتێك بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو
هیچ شتێك بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون.
٤وشەکە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکی
مرۆڤ بوو، ٥ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە
و تاریکییەکە بەسەریدا زاڵ نەبووە[b].

٦مرۆڤێك هات کە خودا ناردبووی، ناوی یەحیا
بوو. ٧ئەو بۆ شایەتی هات، تاکو شایەتی بۆ
ڕووناکییەکە بدات، بۆ ئەوەی هەمووان لە ڕێگەی
ئەوەوە باوەڕ بهێنن. ٨ئەو ڕووناکییەکە نەبوو، بەڵکو
هات تاکو شایەتی بۆ ڕووناکییەکە بدات. ٩ئەو
ڕووناکییە ڕاستەقینەیەی کە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا
دەدرەوشێتەوە، دەهاتە جیهان.

١٠ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات،
کەچی جیهان نەیناسی. ١١ئەو بۆ لای گەلەکەی
هات بەڵام ئەوان پێشوازییان لێ نەکرد. ١٢لەگەڵ
ئەوەشدا هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی
باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی
خودا، ١٣ئەوانەی نە بە سروشت لەدایك بوون، نە

---

[a] ١ وشەکە: لە زمانی یۆنانی پێی دەگوترێت لۆگۆس کە واتایەکی فراوانی هەیە، زۆرتر بە واتای دانایی خودا یان پەیامی خودا دێت. بڕوانە ١٤:١ و عیبرانییەکان ٣:١١ و زەبوورەکان ٦:٣٣ و پەیدابوون ٥:١.

[b] ٥ وشە یۆنانییەکە دوو واتای هەیە: (١) زاڵبوون؛ (٢) تێگەیشتن.

بە خواستی مرۆڤ، نە بە ویستی پیاویش، بەڵکو لە
خوداوە لەدایك بوون[a].
١٤وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوانماندا
نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی، وەك شکۆی
تاقانەیەك لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت[b] و ڕاستی.
١٥یەحیا شایەتی بۆ دا، هاواری کرد: «ئەمە ئەوەیە
کە گوتم: ئەوەی دوای من دێت پێشم کەوت،
چونکە پێش من بووە.» ١٦لە گەنجینەی پڕیی ئەوەوە
هەموومان نیعمەت لەدوای نیعمەتمان وەرگرتووە،
١٧چونکە تەورات لە ڕێگەی موساوە درا، بەڵام
نیعمەت و ڕاستی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە
هات. ١٨هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام کوڕە
تاقانەی خودا، ئەوەی لە باوەشی باوکدایە، خودای
دەرخست.

## شایەتیدانی یەحیا

١٩ئەمەش شایەتییەکەی یەحیایە، کاتێك ڕابەرانی
جولەکەی ئۆرشەلیم کاهین[c] و لێڤییان[d] ناردە لای
پرسیاری لێ بکەن: «تۆ کێیت؟» ٢٠ئەو دانی پێدا نا و
نکۆڵی نەکرد، بەڵکو گوتی: «من مەسیحەکە[e] نیم.»
٢١ئینجا لێیان پرسی: «ئەی کێیت؟ ئەلیاسی؟»
گوتی: «نا، ئەو نیم.»
«ئەی تۆ پێغەمبەرەکەی[f]؟» گوتی: «نەخێر.»

[a] ١٣ مەبەستی ئەوەیە کە ڕۆحی خودا کار دەکاتە سەر گیانی مرۆڤ و دەیکاتە بوونەوەرێکی نوێ، واتە دەیکاتە ڕۆڵەی خودا.

[b] ١٤ نیعمەت: بەخششەکانی خودا بەبێ شایستەبوون، بە تایبەتی لێخۆشبوونی گوناه و ژیانی هەتاهەتایی.

[c] ١٩ کاهین: پیاوێکی ئایینی جولەکەیە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی قوربانی کردن لەناو پەرستگا و فێرکردنی خەڵك.

[d] ١٩ تیرەیەکی جولەکە بوون، ئەرکی خزمەتکردنی پەرستگایان لە ئەستۆ بوو.

[e] ٢٠ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

[f] ٢١ پێغەمبەرەکە: ئەو پێغەمبەرەیە کە موسا باسی دەکات. واتە عیسا. بڕوانە دواوتار ١٥:١٨ و یۆحەنا ٤٥:١.

٢٢ئینجا پێیان گوت: «باشە تۆ کێیت؟ تاکو وەڵامێك
بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی
خۆت چی دەڵێی؟»
٢٣یەحیا بە وشەکانی ئیشایای پێغەمبەر وەڵامی
دانەوە و گوتی:
«﴿من ئەو کەسەم کە لە چۆڵەوانی هاوار
دەکات:
”ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن.“[g]﴾»
٢٤نێردراوانیش لە فەریسییەکان بوون، ٢٥پرسیاریان
لێکرد: «ئەگەر تۆ مەسیحەکە نیت و ئەلیاس نیت
و پێغەمبەرەکەش نیت، ئیتر بۆچی خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشیت[h]؟»
٢٦یەحیاش وەڵامی دانەوە: «من خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشم، بەڵام یەکێك لەنێوانتان ڕاوەستاوە کە
نایناسن، ٢٧ئەو لەدوای من دێت، من شایانی ئەوە
نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە.»
٢٨ئەمانە لە بێتعەنیا[i] ڕوویدا، لەوبەری ڕووباری
ئوردونەوە، لەو شوێنەی یەحیا خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشا.

## بەرخی قوربانی خودا

٢٩بۆ بەیانی یەحیا بینی عیسا دێتە لای، گوتی:
«ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان
لادەبات! ٣٠ئەمە ئەوەیە کە باسم کرد، پیاوێك دوای
من دێت پێشم کەوت، چونکە پێش من بووە.
٣١منیش نەمدەناسی، بەڵام تاکو ئەو بۆ ئیسرائیل
دەربکەوێت، لەبەر ئەوە هاتووم خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشم.»
٣٢یەحیا شایەتی دا: «بینیم ڕۆحی پیرۆز وەك
کۆترێك لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و لەسەری

[g] ٢٣ ئیشایا ٣:٤٠.

[h] ٢٥ یۆنانی: باپتیزۆ، بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناه، وەك (بسمیلکردن).

[i] ٢٨ ئەم (بێتعەنیا)یە لە ڕۆژهەڵاتی ئوردون بوو، جیاوازە لەوەی نزیکی ئۆرشەلیم.

نیشتەوە. [٣٣]من نەمدەناسی، بەڵام ئەوەی منی ناردووە
خەڵك لەئاوهەڵکێشم، پێی گوتم: ”ئەوەی دەیبینیت
ڕۆحی پیرۆز دێتە خوارەوە و لەسەری دەنیشێتەوە،
ئەو لە ڕۆحی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت[a].“ [٣٤]خۆم بینیم
و شایەتیم دا کە ئەمە کوڕی خودایە.»

## قوتابییە یەکەمینەکان

[٣٥]بۆ بەیانی دیسان یەحیا لەگەڵ دوو قوتابی
خۆی ڕاوەستا بوو، [٣٦]عیسای بینی دەڕۆیشت، گوتی:
«ئەوەتا بەرخی خودا!»
[٣٧]دوو قوتابییەکە گوێیان لێی بوو کە وای گوت،
دوای عیسا کەوتن. [٣٨]عیسا ئاوڕی دایەوە و بینی
بەدوایدا دێن، لێی پرسین: «چیتان دەوێت؟»
پێیان گوت: «ڕابی، لەکوێ دەمێنیتەوە؟» ڕابی واتە
مامۆستا.
[٣٩]پێی فەرموون: «وەرن، تەماشا بکەن.» لەبەر
ئەوە ئەوانیش ڕۆیشتن و بینییان لەکوێ دەمایەوە،
ئەو ڕۆژەش لەگەڵی مانەوە، نزیکەی کاتژمێر
چواری[b] پاش نیوەڕۆ بوو.
[٤٠]ئەندراوسی برای شیمۆن پەترۆس، یەکێك بوو
لەو دووانەی کە گوێیان لە یەحیا بوو و دوای عیسا
کەوتن. [٤١]یەکەم جار ئەندراوس چوو شیمۆنی برای
دۆزییەوە و پێی گوت: «مەسیحمان[c] دۆزییەوە.»
واتە دەستنیشانکراو. [٤٢]ئینجا شیمۆنی هێنایە
لای عیسا. عیساش تەماشای کرد و فەرمووی:
«تۆ شیمۆنی کوڕی یۆنای، بەڵام بە کێفاس[d] ناو
دەبردرێیت.» کێفاس واتە پەترۆس.
[٤٣]بۆ بەیانی عیسا ویستی بچێتە جەلیل، فیلیپۆسی
دۆزییەوە، پێی فەرموو: «دوام بکەوە.»
[٤٤]فیلیپۆس خەڵکی بێتسەیدا بوو، شارەکەی
ئەندراوس و پەترۆس. [٤٥]فیلیپۆسیش ناتانئیلی

[a] ٣٣ بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناە بەهۆی ڕۆحی پیرۆز.
[b] ٣٩ یۆنانی: کاتژمێری دە، بە کاتی یۆنانی.
[c] ٤١ یۆنانی: مەسیا.
[d] ٤٢ وشەیەکی ئارامییە بە واتای بەرد، لە یۆنانیش پەترۆس.

دۆزییەوە، پێی گوت: «ئەوەی کە موسا لە تەورات
و پێغەمبەرانیش لە پەڕتووکەکانیان لەسەریان
نووسیوە دۆزیمانەوە، عیسای کوڕی یوسفی خەڵکی
ناسیرەیە.»
[٤٦]ناتانئیل پێی گوت: «ئایا لە ناسیرە شتی چاك
هەڵدەکەوێ؟» فیلیپۆس پێی گوت: «وەرە و ببینە.»
[٤٧]عیسا ناتانئیلی بینی بۆ لای دێت، دەربارەی
فەرمووی: «ئەوەتا ئیسرائیلی بە ڕاستی، فێڵی تێدا
نییە!»
[٤٨]ناتانئیل پێی گوت: «چۆن دەمناسیت؟»
عیسا وەڵامی دایەوە: «پێش ئەوەی فیلیپۆس
بانگت بکات، لەژێر دار هەنجیرەکە بوویت، تۆم
بینی.»
[٤٩]ناتانئیل وەڵامی دایەوە: «ڕابی، تۆ کوڕی
خودایت! پاشای ئیسرائیلیت!»
[٥٠]عیسا وەڵامی دایەوە: «باوەڕت هێنا، چونکە
پێم گوتیت لەژێر دار هەنجیرەکە تۆم بینی؟ شتی
گەورەتر دەبینیت!» [٥١]ئینجا پێی فەرموو: «ڕاستی
ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەبینن ئاسمان کراوەتەوە و
فریشتەی خوداش لەسەر کوڕی مرۆڤ[e] سەردەکەون
و دادەبەزن.[f]»

## شایی لە قانا

٢ لە ڕۆژی سێیەم لە قانای جەلیل شاییەك
هەبوو، دایکی عیساش لەوێ بوو. [٢]عیسا و
قوتابییەکانیشی بۆ شاییەکە بانگهێشتکراوبوون.
[٣]کاتێك شەراب نەما، دایکی بە عیسای گوت:
«شەرابیان نییە!»
[٤]عیساش پێی فەرموو: «ژنەکە، چیت لە من
دەوێ؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە!»
[٥]ئینجا دایکی بە خزمەتکارانی گوت:
«هەرچییەکتان پێ دەڵێ، بیکەن.»
[٦]شەش کوپەی بەردین بەگوێرەی پاککردنەوەی

[e] ٥١ کوڕی مرۆڤ: مەسیح بەم نازناوە خۆی دەناسێنێت. بڕوانە دانیال ٧:١٣-١٤.
[f] ٥١ بڕوانە پەیدابوون ٢٨:١٢.

جولەکەکان لەوێ دانرابوون، هەریەکەی هەشتا
هەتا سەد و بیست لیتریان دەگرت[a].
٧جا عیسا پێی فەرموون: «کوپەکان پڕ بکەن لە
ئاو.» ئەوانیش کوپەکانیان هەتا سەر پڕکرد.
٨ئینجا پێی فەرموون: «ئێستا لێی دەربهێنن و بۆ
گەورەی شاییەکەی ببەن!»
ئەوانیش بردییان. ٩کاتێك گەورەی شاییەکە تامی
ئەو ئاوەی کرد کە ببووە شەراب، سەرچاوەکەی
نەدەزانی، بەڵام خزمەتکاران دەیانزانی، ئەوانەی
ئاوەکەیان دەرهێنابوو. ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای
بانگکرد و ١٠پێی گوت: «هەموو کەس یەکەم جار
شەرابە چاکەکە دادەنێن، کاتێك مەست بوون، ئینجا
خراپەکە. بەڵام تۆ هەتا ئێستا شەرابە چاکەکەت
هێشتووەتەوە!»
١١ئەو پەرجووەی[b] عیسا لە قانای جەلیل کردی،
یەکەمین نیشانەی بوو بۆ دەرخستنی شکۆی خۆی،
قوتابییەکانیشی باوەڕیان پێی هێنا.
١٢دواتر لەگەڵ دایکی و براکانی و قوتابییەکانی
بەرەو کەفەرناحوم دابەزین، چەند ڕۆژێك لەوێ
مانەوە.

## پاکسازی حەوشەکانی پەرستگا

١٣کە جەژنی پەسخەی[c] جولەکەکان نزیك بووەوە،
عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم. ١٤لە حەوشەکانی پەرستگا
فرۆشیارانی گا و مەڕ و کۆتری بینی، پارەگۆڕەوانیش
دانیشتبوون. ١٥قامچییەکی لە گوریس دروستکرد و
هەمووانی لە حەوشەکانی پەرستگا دەرکرد، مەڕ و
گا پێکەوە. پارەی پارەگۆڕەوانی پەرشوبڵاو کردەوە و
مێزەکانی وەرگێڕا، ١٦ئینجا بە کۆترفرۆشانی فەرموو:
«ئەم شتانە لێرە هەڵگرن! ماڵی باوکم مەکەنە بازاڕ!»
١٧جا قوتابییەکانی هاتەوە بیریان کە نووسراوە:
﴿دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمسووتێنێت.﴾[d]
١٨جولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «چ پەرجوویێکمان
نیشان دەدەیت تاکو دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەموو
ئەم کارانەت بسەلمێنێ؟»
١٩عیساش وەڵامی دانەوە: «ئەم پەرستگایە
بڕووخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە.»
٢٠ئینجا جولەکەکان گوتیان: «ئەم پەرستگایە
بە چل و شەش ساڵ بنیاد نراوە، تۆ بە سێ ڕۆژ
هەڵیدەستێنیتەوە؟» ٢١بەڵام ئەو باسی پەرستگای
لەشی خۆی دەکرد. ٢٢لەبەر ئەوە کاتێك لەناو
مردووان هەستایەوە، قوتابییەکانی هاتەوە بیریان
کە ئەمەی گوتبوو، ئینجا باوەڕیان هێنا بە نووسراوە
پیرۆزەکە[e] و بەو قسەیەی عیسا فەرمووی.
٢٣کە لە جەژنی پەسخە لە ئۆرشەلیم بوو،
زۆر کەس باوەڕیان بە ناوی هێنا، چونکە ئەو
پەرجووانەیان[f] بینی کە دەیکرد. ٢٤بەڵام عیسا
لەلای خۆیەوە متمانەی پێ نەکردن، چونکە هەموو
خەڵکی دەناسی. ٢٥لەبەر ئەوە پێویستی بە کەس
نەبوو دەربارەی مرۆڤ شایەتی بۆ بدات، چونکە
دەیزانی دڵی مرۆڤ چی تێدایە.

## لەدایکبوون لە ڕۆح

٣ پیاوێك لە فەریسییەکان هەبوو بە ناوی
نیقۆدیمۆس، یەکێك بوو لە ڕابەرانی جولەکە.
٢بە شەو هاتە لای عیسا و پێی گوت: «ڕابی،
دەزانین تۆ مامۆستایەکی لەلای خوداوە هاتوویت،
چونکە کەس ناتوانێت ئەو پەرجووانە بکات کە تۆ
دەیکەیت، ئەگەر خودای لەگەڵ نەبێت.»
٣عیساش وەڵامی دایەوە: «ڕاستی ڕاستیت پێ

[a] ٦ یۆنانی: دوو یان سێ مێترێتێس، یەکەیەکی پێوانەیە.
[b] ١١ پەرجوو: موعجیزە.
[c] ١٣ جەژنێکی جولەکەیە، یادی ڕزگاربوونی گەلی ئیسرائیلە لە میسر، بە ڕابەرایەتی موسا. نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ پ. ز.
[d] ١٧ زەبوورەکان ٩:٦٩
[e] ٢٢ مەبەست لە تەورات و زەبوور و وتەی پێغەمبەرانە.
[f] ٢٣ یۆنانی: نیشانە. لای یۆحەنا پەرجووەکانی (موعجیزەکانی) مەسیح نیشانە بوون بۆ تێگەیشتنی پەیامی مەسیح. بڕوانە یۆحەنا ٣٠:٢٠.

دەڵێم، ئەگەر یەکێك لەدایك نەبێتەوە[a]، ناتوانێت
شانشینی خودا ببینێت.»
٤نیقۆدیمۆس پێی گوت: «مرۆڤ کە پیر بێت
چۆن دەتوانێت لەدایك بێت؟ خۆ دیسان ناتوانێت
بچێتەوە سکی دایکی و لەدایك بێتەوە؟»
٥عیسا وەڵامی دایەوە: «ڕاستی ڕاستیت پێ
دەڵێم، ئەگەر یەکێك لە ئاو و لە ڕۆحی پیرۆز
لەدایك نەبێت، ناتوانێت بچێتە ناو شانشینی خودا.
٦ئەوەی لە جەستە لەدایك بووە جەستەیە، ئەوەش
لە ڕۆحی خودا لەدایك بووە ڕۆحە. ٧سەرسام مەبە
کە پێم گوتی: ”دەبێ لەدایك ببنەوە.“ ٨با بۆ کوێ
بیەوێت هەڵدەکات و گوێت لە دەنگەکەی دەبێت،
بەڵام نازانیت لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت.
هەرکەسێکیش لە ڕۆحی پیرۆز لەدایك بووە ئاوایە.»
٩نیقۆدیمۆس گوتی: «چۆن دەکرێ ئەمانە
ڕووبدەن؟»
١٠عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ مامۆستایەکی
ئیسرائیلی و ئەمانەش نازانیت؟ ١١ڕاستی ڕاستیت پێ
دەڵێم: ئەوەی دەیزانین دەیڵێین و ئەوەی دەیبینین
شایەتی بۆ دەدەین، ئێوەش شایەتیمان قبوڵ
ناکەن. ١٢باسی شتە زەمینییەکانم بۆتان کرد و باوەڕ
ناکەن، ئیتر چۆن باوەڕ دەکەن ئەگەر باسی شتە
ئاسمانییەکانتان بۆ بکەم؟ ١٣کەس سەرنەکەوتووە بۆ
ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان هاتووەتە خوارەوە،
کە ئەویش کوڕی مرۆڤە. ١٤وەك موسا لە چۆڵەوانی
مارەکەی[b] بەرزکردەوە، ئاواش دەبێ کوڕی مرۆڤ
بەرز بکرێتەوە، ١٥تاکو هەرکەسێك باوەڕی پێ
بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.»
١٦لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست،
تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێك
باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی
هەتاهەتایی هەبێت، ١٧چونکە خودا کوڕەکەی نەنارده
جیهان تاکو جیهان حوکم بدات، بەڵکو تاکو جیهان

[a] ٣ ئەم وشەیەی یۆنانی دوو واتای هەیە: (١) لە سەرەوە وەك ئایەتی ٣١؛ (٢) دیسان، بۆ لە دایك بوونەوە بەکاردێت.
[b] ١٤ بڕوانە سەرژمێری ٢١:٨-٩.

بەوەوە ڕزگاری ببێت. ١٨ئەوەی باوەڕی پێ بهێنێت
حوکم نادرێت، بەڵام ئەوەی باوەڕ ناهێنێت ئەوا
حوکم دراوە، چونکە باوەڕی بە ناوی کوڕە تاقانەکەی
خودا نەهێناوە. ١٩ئەمەش حوکمەکەیە: ڕووناکییەکە
هاتە جیهان بەڵام خەڵك لە جیاتی ڕووناکییەکە
تاریکییەکەیان خۆشویست، چونکە کردەوەیان
خراپ بوو. ٢٠لەبەر ئەوەی هەرکەسێك خراپە بکات
ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە،
نەوەك کردەوەکانی ئاشکرابێت. ٢١بەڵام ئەوەی
بەگوێرەی ڕاستی دەڕوات، دێتە لای ڕووناکییەکە، تاکو
دەربکەوێت کە کردەوەکانی لە خوداوەیە.

## عیسا و شایەتی یەحیا

٢٢دوای ئەمانە عیسا و قوتابییەکانی هاتنە خاکی
یەهودیا، لەوێ لەگەڵیان مایەوە و خەڵکی لە ئاو
هەڵدەکێشا. ٢٣یەحیاش لە ئەینونی[c] نزیك شاری سالیم
خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، چونکە لەوێ ئاو زۆر
بوو، ئیتر دەهاتن و لە ئاو هەڵدەکێشران، ٢٤چونکە
هێشتا یەحیا نەخرابووە زیندانەوە. ٢٥لەوێ دەربارەی
پاککردنەوە گفتوگۆیەك کەوتە نێوان قوتابییەکانی
یەحیا و جولەکەیەك. ٢٦هاتنە لای یەحیا و پێیان گوت:
«ڕابی[d]، ئەوەی لەوبەری ڕووباری ئوردون لەگەڵ تۆ
بوو، ئەوەی شایەتیت بۆی دا، ئەوەتا خەڵك لە ئاو
هەڵدەکێشێت و هەموو خەڵك دێنە لای.»
٢٧یەحیا وەڵامی دایەوە: «کەس ناتوانێت شتێك
وەربگرێت ئەگەر لە ئاسمانەوە پێی نەدرابێت.
٢٨ئێوە خۆتان شایەتیم بۆ دەدەن کە گوتم: ”من
مەسیح نیم، بەڵام پێش ئەو نێردراوم.“ ٢٩بووك بۆ
زاوایە، بەڵام هاوڕێی زاوا کە ڕاوەستاوە و گوێی لێ
دەگرێت لەبەر دەنگی زاوا زۆر دڵخۆش دەبێت.
لەبەر ئەوە ئەم خۆشییەم هاتە دی. ٣٠پێویستە ئەو
زیاد بکات و منیش کەم.»
٣١ئەوەی لە سەرەوە دێت لە سەرووی هەمووانە.
بەڵام ئەوەی لە زەوییە ئەوە زەمینییە و وەکو

[c] ٢٣ یۆنانی: ئەینون: کانی نون.
[d] ٢٦ عیبری: مامۆستا.

کەسێکی زەمینی دەدوێت. ئەوەی لە ئاسمانەوە دێت
لە سەرووی هەمووانە و ٣٢شایەتی ئەوە دەدات کە
بینیویەتی و بیستوویەتی، بەڵام کەس شایەتییەکەی
وەرناگرێت. ٣٣ئەوەی شایەتییەکەی وەردەگرێت،
مۆری دەکات کە خودا ڕاستە، ٣٤چونکە ئەوەی خودا
ناردوویەتی بە پەیامی خودا دەدوێت، لەبەر ئەوەی
خودا بێ سنوور ڕۆحی پیرۆز دەبەخشێت. ٣٥باوکی
ئاسمانی کوڕی خۆی خۆشدەوێت و هەموو شتێکی
داوەتە دەستی. ٣٦ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت
ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی
کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای
لەسەر دەمێنێت.

## ژنێکی سامیری

٤ فەریسییەکان بیستیان کە عیسا لە یەحیا زیاتر
قوتابی دروستکردووە و لە ئاو هەڵیکێشاوە،
٢هەرچەندە عیسا خۆی خەڵکی لە ئاو هەڵنەدەکێشا،
بەڵکو قوتابییەکانی. ٣کاتێك عیسا ئەمەی زانی[a]
یەهودیای بەجێهێشت و گەڕایەوە جەلیل.
٤جا دەبووایە بە ناوچەی سامیرەدا تێبپەڕێت،
٥گەیشتە شارۆچکەیەکی سامیرە کە ناوی سوخار
بوو، نزیك ئەو پارچە زەوییەی یاقوب دابوویە
یوسفی کوڕی. ٦بیری یاقوبیش لەوێ بوو. جا عیسا
لە گەشتەکە ماندوو بوو، لەلای بیرەکە دانیشت،
نزیکەی کاتژمێر دوازدە[b] بوو.
٧ژنێکی سامیرەیی هات بۆ ئەوەی ئاو ببات، عیسا
پێی فەرموو: «هەندێك ئاوم بدەرێ.» ٨لەو کاتەدا
قوتابییەکانی چووبوونە ناو شار تاکو خواردن بکڕن.
٩جا ژنە سامیرەییەکە پێی گوت: «تۆ جولەکەیت
و منیش ژنێکی سامیرەییم، چۆن داوای ئاوم
لێ دەکەیت؟» چونکە جولەکەکان تێکەڵی
سامیرەییەکان نابن.
١٠عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەگەر بەخشینی
خودات بزانیایە و هەروەها ئەوەش کێیە کە پێت
دەڵێت ”ئاوم بدەرێ،“ ئەوسا تۆ داوات لێ دەکرد و
ئەویش ئاوی ژیانی پێدەدایت.»
١١ژنەکە پێی گوت: «بەڵام گەورەم، دۆلکەت پێنییە
و بیرەکەش قووڵە. ئیتر تۆ ئاوی ژیانت لەکوێ بوو؟
١٢خۆ لە یاقوبی باوکمان گەورەتر نیت کە بیرەکەی
پێداوین، خۆی و کوڕەکانی و ماڵاتەکانیشی لێیان
خواردووەتەوە؟»
١٣عیسا وەڵامی دایەوە: «هەرکەسێك لەم ئاوە
بخواتەوە جارێکی دیکە تینووی دەبێتەوە. ١٤بەڵام
ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز
تینووی نابێت، بەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ تێیدا
دەبێتە کانیاوێك و هەڵدەقوڵێت، ژیانی هەتاهەتایی
دەبەخشێ.»
١٥ژنەکەش پێی گوت: «گەورەم، ئەو ئاوەم بدەرێ
تاکو تینوو نەبم و نەیەمەوە ئێرە بۆ ئاوکێشان.»
١٦عیسا پێی فەرموو: «بڕۆ، مێردەکەت بانگ بکە و
وەرەوە ئێرە.»
١٧ژنەکە وەڵامی دایەوە: «مێردم نییە.» عیساش
پێی فەرموو: «ڕاست دەکەیت کە دەڵێی مێردم نییە.
١٨لە ڕاستیدا پێنج مێردت هەبوو، ئێستاش ئەوەی
هەتە مێردت نییە. ئەمەشت بە ڕاستی گوت.»
١٩ژنەکە پێی گوت: «گەورەم، دەبینم تۆ
پێغەمبەریت. ٢٠باوباپیرانمان لەم شاخەدا خودایان
پەرستووە، بەڵام ئێوە دەڵێن ئۆرشەلیم[c] ئەو شوێنەیە
کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت.»
٢١عیسا پێی فەرموو: «خانم، باوەڕم پێ بکە، کاتێك
دێت ئێوە باوك دەپەرستن، بەڵام نە لەسەر ئەم شاخە
و نە لە ئۆرشەلیم. ٢٢ئەوەی ئێوە دەیپەرستن نایناسن،
بەڵام ئەوەی ئێمە دەیپەرستین دەیناسین، چونکە
ڕزگاری لە جولەکەوەیە. ٢٣بەڵام کاتێك دێت ئەویش
کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و
ڕاستی باوك دەپەرستن، چونکە باوك داوای ئەم جۆرە
خواپەرستانە دەکات. ٢٤خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی
دەیپەرستن بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی بیپەرستن.»

[a] ٣ لە زمانی یۆنانی ڕێکخستنی وشەکان جیاوازە، بەڵام بۆ ئاسانی لە تێگەیشتنی بەم شێوەیە دانراوە.

[b] ٦ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.

[c] ٢٠ مەبەستی لە پەرستگایە کە لە ئۆرشەلیمە.

[٢٥]ژنەکە پێی گوت: «دەزانم مەسیا دێت، کە پێی دەگوترێ مەسیح، کە ئەو هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت.»

[٢٦]عیساش پێی فەرموو: «من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات.»

[٢٧]لەو کاتەدا قوتابییەکانی گەیشتن، سەرسام بوون کە لەگەڵ ژنێك قسە دەکات. بەڵام کەس نەیگوت: «چیت دەوێت؟» یان «بۆچی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟»

[٢٨]ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت، چووە ناو شار و بە خەڵکی گوت: [٢٩]«وەرن کەسێك ببینن هەرچییەکم کردووە پێی گوتم! دەبێ مەسیح نەبێت؟» [٣٠]ئیتر خەڵکەکە لە شار هاتنە دەرەوە و چوونە لای.

[٣١]لەو کاتەدا قوتابییەکان تکایان لێی دەکرد: «ڕابی، بخۆ!»

[٣٢]بەڵام پێی فەرموون: «خواردنێکم هەیە بیخۆم، کە ئێوە نایزانن.»

[٣٣]لەبەر ئەوە قوتابییەکان بە یەکتریان دەگوت: «کەس هیچی بۆ هێناوە بیخوات؟»

[٣٤]عیساش پێی فەرموون: «خواردنی من ئەوەیە بە خواستی ئەوە بکەم کە ناردوومی و کارەکەی تەواو بکەم. [٣٥]ئەی ئێوە ناڵێن: "پاش چوار مانگ کاتی دروێنە دێت"؟ ئەوەتا پێتان دەڵێم: چاوتان هەڵبڕن و سەیری کێڵگەکان بکەن وا زەرد هەڵگەڕاون بۆ دروێنە. [٣٦]سەپانیش کرێ وەردەگرێت و بۆ ژیانی هەتاهەتایی بەرهەم کۆدەکاتەوە، تاکو تۆوچێن و سەپان پێکەوە دڵشاد بن. [٣٧]لەبەر ئەوە ئەو پەندە ڕاستە کە دەڵێت: "یەکێك تۆو دەکات و یەکێکی دیکە دروێنە دەکات." [٣٨]من ئێوەم بۆ دروێنەیەك ناردووە کە پێوەی ماندوو نەبوون. کەسانی دیکە پێوەی ماندوو بوون و ئێوە بەرهەمی ماندووبوونیان دەخۆن.»

[٣٩]زۆر لە سامیرەییەکانی ئەو شارە باوەڕیان بە عیسا هێنا، لەبەر قسەی ئەو ژنەی کە شایەتی دەدا: «هەرچییەکم کردووە پێی فەرمووم.» [٤٠]لەبەر ئەوە کاتێك سامیرەییەکان هاتنە لای عیسا، تکایان لێکرد لەلایان بمێنێتەوە، ئەویش دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە. [٤١]ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بەهۆی قسەکانییەوە باوەڕیان هێنا و [٤٢]بە ژنەکەیان دەگوت: «چیتر بەهۆی قسەی تۆوە نییە کە ئێمە باوەڕ دەهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و دەزانین کە ئەم پیاوە بەڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!»

## چاککردنەوە بە وشە

[٤٣]پاش ئەو دوو ڕۆژە عیسا ئەوێی بەجێهێشت و چوو بۆ جەلیل، [٤٤]چونکە عیسا خۆی شایەتی دا کە پێغەمبەر لە شاری خۆی ڕێزی لێ ناگیرێت. [٤٥]لەبەر ئەوە کاتێك هاتە جەلیل، جەلیلییەکان پێشوازییان لێی کرد، چونکە ئەوانیش بۆ جەژن هاتبوون و هەموو ئەو شتانەیان بینیبوو کە لە جەژندا[a] لە ئۆرشەلیم کردبووی.

[٤٦]هاتەوە شارۆچکەی قانا لە ناوچەی جەلیل کە لەوێ ئاوی کردبووە شەراب، کاربەدەستێکی پاشا هەبوو، کوڕەکەی لە کەفەرناحوم نەخۆش بوو. [٤٧]کاتێك ئەو بیستی عیسا لە یەهودیاوە هاتووەتە جەلیل، چووە لای و لێی پاڕایەوە کە بێت بۆ ئەوەی کوڕەکەی چاك بکاتەوە، چونکە نزیکی مردن بوو.

[٤٨]ئینجا عیسا پێی فەرموو: «ئەگەر ئێوە پەرجوو و کاری سەرسوڕهێنەر نەبینن هەرگیز باوەڕ ناهێنن.»

[٤٩]کاربەدەستەکەش پێی گوت: «گەورەم، پێش ئەوەی کوڕەکەم بمرێت، وەرە.»

[٥٠]عیسا پێی فەرموو: «بڕۆ! کوڕەکەت دەژیێت.» پیاوەکە باوەڕی بەو قسەیە کرد کە عیسا پێی فەرموو و ڕۆیشت. [٥١]کە بە ڕێگاوە بوو کۆیلەکانی تووشی بوون و دەیانگوت کە کوڕەکەی زیندووە، [٥٢]جا سەبارەت بەو کاتژمێرەی تێیدا چاکتر بووەوە پرسیاری لێکردن، وەڵامیان دایەوە: «دوێنێ کاتژمێر یەکی[b] پاش نیوەڕۆ تایەکە بەریدا.»

---

[a] ٤٥ مەبەست لە جەژنی پەسخەیە، جولەکەکانی هەموو جیهان بۆ بەشدار بوون لەو جەژنە دەهاتنە ئۆرشەلیم. هەروەها یۆحەنا ٢:٢٣.

[b] ٥٢ یۆنانی: کاتژمێری حەوت.

[٥٣]باوکەکە زانی لەو کاتژمێرە بوو کە عیسا پێی
فەرمووو: «کوڕەکەت دەژیێت.» ئەوسا خۆی و
خاووخێزانی هەموو باوەڕیان هێنا.
[٥٤]ئەمەش دووەم پەرجوو بوو کە عیسا کردی، کە
لە یەهودیاوە هاتە جەلیل.

## چاککردنەوە لە ڕۆژی شەممە

٥ لەدوای ئەمە عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم چونکە
لەوێ جەژنێکی جولەکەکان هەبوو. [٢]لە
ئۆرشەلیم لەلای دەروازەی مەڕ حەوزێك هەبوو بە
عیبری پێیان دەگوت بێتحەسدا، بە دەوریدا پێنج
ڕێڕەوی سەر داپۆشراو هەبوو کە هەردوو لایان بە
کۆڵەکە گیرابوون. [٣]لەوێ خەڵکێکی زۆر ڕاکشابوون،
نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج، [چاوەڕێی جوڵانی
ئاوەکە بوون، [٤]چونکە هەندێك جار فریشتەیەکی
یەزدان بۆ حەوزەکە دەهاتە خوارەوە و ئاوەکەی
دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەم کەس دەچووە ناو
حەوزەکەوە، هەر نەخۆشییەکی هەبووایە چاك
دەبووەوە.] [٥]کابرایەك لەوێ بوو سی و هەشت ساڵ
نەخۆش بوو. [٦]عیسا ئەم کابرایەی بینی پاڵکەوتووە و
زانی ماوەیەکی درێژە وایە، پێی فەرموو: «دەتەوێ
چاکبیتەوە؟»
[٧]نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: «گەورەم، کاتێك
ئاوەکە دەجوڵێت کەسم نییە بمخاتە ناو حەوزەکە.
کاتێکیش دێم، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە ناوی.»
[٨]عیساش پێی فەرموو: «هەستە! نوێنەکەت
هەڵگرە و بڕۆ!» [٩]دەستبەجێ کابرا چاك بووەوە،
نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.
ئەو ڕۆژەش شەممە بوو، [١٠]لەبەر ئەوە ڕابەرانی
جولەکە بە کابرای چاکبووەوەیان گوت: «شەممەیە و
دروست نییە نوێنەکەت هەڵگریت.»
[١١]کابرا وەڵامی دانەوە: «ئەوەی چاکیکردمەوە پێی
فەرمووم: ”نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ.“»
[١٢]لێیان پرسی: «ئەو پیاوە کێیە کە پێی گوتی:
”هەڵیگرە و بڕۆ“؟»
[١٣]بەڵام کابرای چاك بووەوە نەیدەزانی کێیە،
چونکە عیسا لەناو ئەو خەڵکەی لەوێ بوون بە
نهێنی دوورکەوتەوە.
[١٤]دوای ئەوە عیسا ئەوی لە پەرستگا بینییەوە
و پێی فەرموو: «ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناه
مەکە، نەوەك خراپترت بەسەربێت.» [١٥]کابراش
چوو و بە ڕابەرانی جولەکەی گوت کە عیسا بووە
چاکیکردووەتەوە.

## دەسەڵاتی مەسیح

[١٦]لەبەر ئەمە ڕابەرانی جولەکە عیسایان
چەوساندەوە، چونکە ئەم شتانەی لە شەممەدا
دەکرد. [١٧]بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە: «هەتا ئێستا
باوکم کار دەکات، منیش کار دەکەم.» [١٨]لەبەر ئەم
هۆیە جولەکەکان زیاتر هەوڵیان دەدا بیکوژن،
چونکە تەنها شەممەی نەدەشکاند[a]، بەڵکو دەیگوت
کە خودا باوکییەتی، خۆی لەگەڵ خودا یەکسان
دەکرد.
[١٩]لەبەر ئەوە عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی
ڕاستیتان پێ دەڵێم: کوڕەکە ناتوانێت لە خۆیەوە هیچ
شتێك بکات ئەوە نەبێت کە دەیبینێت باوك دەیکات،
چونکە هەرچی باوك دەیکات، کوڕەکەش دەیکات.
[٢٠]باوك کوڕی خۆی خۆشدەوێت و هەموو ئەوەی
پیشان دەدات کە دەیکات، کاری لەمانەش مەزنتری
پیشان دەدات، تاکو سەرسام بن. [٢١]وەك باوك مردووان
هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەکاتەوە، کوڕەکەش
ئەوەی بیەوێت زیندووی دەکاتەوە. [٢٢]هەروەها باوك
کەس حوکم نادات، بەڵکو هەموو حوکمدانی داوەتە
دەست کوڕەکە، [٢٣]تاکو هەموو ڕێزی کوڕەکە بگرن
هەروەك ڕێزی باوك دەگرن. ئەوەی ڕێزی کوڕەکە
نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی.

## لە مردنەوە بەرەو ژیان

[٢٤]«ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە
وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی

[a] ١٨ یەکێك لە ڕاسپاردە گرنگەکانی جولەکە ئەوەیە کە لە ڕۆژی شەممە کردنی هەموو کارێك قەدەغەیە.

ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە. [٢٥]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کاتێك دێت کە ئێستایە، کاتێك مردووان دەنگی کوڕی خودا دەبیستن، گوێگرانیش زیندوو دەبنەوە، [٢٦]چونکە وەك باوك ژیانی لە خۆیدا هەیە، بە کوڕەکەشی داوە ژیانی لە خۆیدا هەبێت.[a] [٢٧]دەسەڵاتی حوکمدانیشی داوەتێ، چونکە ئەو کوڕی مرۆڤە.

[٢٨]«لەمە سەرسام مەبن، چونکە کاتێك دێت هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕدان دەنگی دەبیستن و [٢٩]دێنە دەرەوە، ئەوانەی کرداری چاکیان کردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی بژین، بەڵام ئەوانەی کرداری خراپیان کردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی حوکم بدرێن. [٣٠]لە خۆمەوە ناتوانم هیچ بکەم. وەك دەبیستم حوکم دەدەم، حوکمدانەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە داوای خواستی خۆم ناکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی.

## شایەتی باوك بۆ کوڕی خۆی

[٣١]«ئەگەر شایەتی بۆ خۆم بدەم شایەتییەکەم ڕاست نییە. [٣٢]یەکێکی دیکە شایەتیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو شایەتییەی بۆ منی دەدات ڕاستە.

[٣٣]«لەدوای یەحیاتان نارد، ئەویش شایەتی بۆ ڕاستی دا. [٣٤]من شایەتی مرۆڤ وەرناگرم، ئەمانەش دەڵێم تاکو ئێوە ڕزگاربن. [٣٥]ئەو چرایەکی هەڵگیرساو و بریسکەدار بوو، دەتانویست ماوەیەك بە ڕووناکییەکەی دڵخۆش بن.

[٣٦]«بەڵام من شایەتییەکم هەیە لەوەی یەحیا گرنگترە، چونکە ئەو کارانەی باوکم پێیداوم تەواوی بکەم، ئەم کارانە خۆیان شایەتیم بۆ دەدەن کە باوکم منی ناردووە. [٣٧]باوکیشم کە ناردوومی، خۆی شایەتیم بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە و ڕواڵەتیتان نەبینیوە، [٣٨]فەرمایشتەکەشی لە دڵی ئێوەدا نامێنێتەوە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناکەن. [٣٩]نووسراوە پیرۆزەکان[b] دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی هەتاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەم نووسراوانەش شایەتیم بۆ دەدەن، [٤٠]بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت.

[٤١]«من شکۆ لە خەڵك وەرناگرم. [٤٢]بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. [٤٣]بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن. [٤٤]چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن ئەگەر شکۆمەندی لە یەکتری وەربگرن و داوای ئەو شکۆمەندییە نەکەن کە لە تاکە خوداوەیە؟

[٤٥]«وا مەزانن من لەلای باوك سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێك هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. [٤٦]ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لەبارەی منەوە نووسیویەتی. [٤٧]ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟»

## تێربوونی پێنج هەزار کەس

٦ دوای ئەمە عیسا چوو بۆ ئەوبەری دەریاچەی جەلیل، کە دەریاچەی تەبەرییەیە، [٢]ئاپۆرەیەك لە خەڵك دوای کەوتبوون، چونکە ئەو پەرجووانەیان بینیبوو کە لە نەخۆشەکاندا دەیکرد. [٣]ئینجا عیسا چووە سەر شاخ و لەوێ لەگەڵ قوتابییەکانی دانیشت. [٤]جەژنی پەسخەی جولەکەش نزیك بوو.

[٥]عیساش چاوی هەڵبڕی و خەڵکێکی لە ڕادەبەدەر زۆری بینی دەهاتنە لای، بە فیلیپۆسی فەرموو: «لەکوێ نان بکڕین و ئەمانە نان بدەین؟» [٦]ئەمەی گوت بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە، چونکە خۆی دەیزانی دەبێت چی بکات.

[٧]فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: «بایی دوو سەد دیناریش[c] نان بەشیان ناکات، ئەگەر هەریەکەیان کەمێکی بەرکەوێت.»

[٨]یەکێك لە قوتابییەکانی کە ئەندراوسی برای

[a] ٢٦ ژیانی لە خۆیدا هەیە: خۆی سەرچاوەی ژیانی خۆیەتی.

[b] ٣٩ پەیمانی کۆن.

[c] ٧ دینارێك کرێی ڕۆژانەی کرێکارێك بوو.

شیمۆن پەترۆس بوو پێی گوت: ٩«کوڕێك لێرەیە پێنج
نانی جۆ و دوو ماسی پێیە. بەڵام ئەوندە چییە بۆ
ئەم هەمووە؟»
١٠عیسا فەرمووی: «خەڵکەکە دابنیشێنن.» ئەو
شوێنە گیایەکی زۆری لێبوو، جا پیاوەکان کە پێنج
هەزار دەبوون دانیشتن. ١١عیساش نانەکانی وەرگرت
و سوپاسی خودای کرد، بەسەر دانیشتووان دابەشی
کرد، بۆ ماسییەکانیش ئاوای کرد، ئەوەندەی ویستیان.
١٢کاتێك تێربوون، بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەو
پەلکەنانەی ماوەتەوە کۆی بکەنەوە تاکو هیچ
بەفیڕۆ نەڕوات.» ١٣ئەوانیش کۆیان کردەوە و دوازدە
سەبەتەیان پڕکرد لەو پەلکەنانەی ئەو پێنج نانە
جۆیەی لە نانخۆران مابووەوە.
١٤لەبەر ئەوە کە خەڵکەکە بینییان عیسا
چ پەرجوویکی کرد، گوتیان: «بە ڕاستی ئەمە
پێغەمبەرەکەیە[a] کە بۆ جیهان دێت.» ١٥عیسا زانی
ئەوان بە نیازن بێن و بیگرن تاکو بیکەنە پاشا، دیسان
بە تەنها چووە سەر شاخ.

## عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

١٦کاتێك ئێوارە داهات قوتابییەکانی بۆ لای
دەریاچەکە چوونە خوارەوە، ١٧سواری بەلەمێك
بوون و بە دەریاچەدا بۆ کەفەرناحوم کەوتنەڕێ.
تاریك داهات و عیسا هەر نەگەیشتە لایان. ١٨ڕەشەبا
هەڵیکرد و دەریاچە هەڵچوو. ١٩کە نزیکەی بیست و
پێنج تاکو سی تیرهاوێژ[b] سەوڵیان لێدابوو، عیسایان
بینی بەسەر ئاوەکەدا دەڕوات و لە بەلەمەکە نزیك
دەبێتەوە، جا ترسان. ٢٠بەڵام پێی فەرموون: «منم،
مەترسن!» ٢١کە ڕازی بوون سواری بەلەمەکەی
بکەن، دەستبەجێ بەلەمەکە گەیشتە ئەو کەنارەی
بۆی دەچوون.
٢٢بۆ بەیانی، ئەو خەڵکەی لەوبەری دەریاچەکە
ڕاوەستابوون بینییان لە بەلەمێك زیاتر لەوێ
نەبوو، عیساش لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەم
نەبوو، بەڵکو قوتابییەکانی بە تەنها بەڕێکەوتبوون.
٢٣بەلەمی دیکەش لە شاری تەبەرییەوە هاتنە نزیك
ئەو شوێنەی نانەکەیان لێی خوارد کە عیسای خاوەن
شکۆ سوپاسی خودای کرد. ٢٤کاتێك خەڵکەکە بینییان
نە عیسا لەوێیە و نە قوتابییەکانی، سواری بەلەمەکان
بوون و چوونە کەفەرناحوم، لە عیسا دەگەڕان.

## منم نانی ژیان

٢٥کە لەوبەری دەریاچەکە دۆزییانەوە، لێیان
پرسی: «ڕابی، کەی گەیشتییە ئێرە؟»
٢٦عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئێوە بەدوامدا دەگەڕێن نەك لەبەر ئەوەی
پەرجووەکانتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە
نانەکەتان خوارد و تێر بوون. ٢٧بۆ خۆراکێك ئیش
مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێك کە بۆ
ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ
دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوك مۆری لێداوە.»
٢٨لەبەر ئەوە لێیان پرسی: «چی بکەین تاکو
کارەکانی خودا بکەین؟»
٢٩عیسا وەڵامی دانەوە: «کاری خودا ئەمەیە:
باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.»
٣٠ئەوانیش لێیان پرسی: «چ پەرجوویك دەکەیت
تاکو ببینین و باوەڕت پێ بکەین؟ چی دەکەیت؟
٣١باوباپیرانمان لە چۆڵەوانی مەنیان[c] خوارد،
وەك نووسراوە: ﴿لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو
بیخۆن.﴾[d]»
٣٢عیساش پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ
دەڵێم: موسا نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ،
بەڵکو باوکمە لە ئاسمانەوە نانی ڕاستیتان دەداتێ،
٣٣چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە
دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان.»

[a] ١٤ پێغەمبەرەکە: ئەو پێغەمبەرەیە کە موسا باسی دەکات. واتە عیسا. بڕوانە دواوتار ١٥:١٨، یۆحەنا ١:٤٥.

[b] ١٩ دەکاتە نزیکەی پێنج هەتا شەش کیلۆمەتر.

[c] ٣١ مەن: ئەو خۆراکەیە کە خودا لە سەردەمی موسا لە ئاسمانەوە بۆ گەلی ئیسرائیلی باراند. بڕوانە دەرچوون ١٦:٤.

[d] ٣١ دەرچوون ١٦:٤ و زەبوورەکان ٧٨:٢٤،٢٥.

٣٤لەبەر ئەوە پێیان گوت: «گەورەم، هەموو کاتێك ئەو نانەمان بدەرێ.»

٣٥عیساش پێی فەرموون: «منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت. ٣٦بەڵام پێم گوتن، منتان بینیوە و باوەڕیش ناهێنن. ٣٧هەرکەسێك باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەریناکەم. ٣٨من لە ئاسمانەوە دابەزیوم، نەك تاکو بە خواستی خۆم بکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی. ٣٩ئەمەش خواستی ئەوەیە کە ناردوومی، هەرکەسێکی پێداوم لەدەستی نەدەم، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە. ٤٠خواستی باوکم ئەمەیە: هەرکەسێك تەماشای کوڕەکە بکات و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە.»

٤١جولەکەش بۆڵەبۆڵیان لەسەر دەکرد، چونکە فەرمووی: «منم ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە.» ٤٢گوتیان: «ئەمە عیسای کوڕی یوسف نییە، کە دایك و باوکی دەناسین؟ ئێستا چۆن دەڵێت ”لە ئاسمانەوە دابەزیوم“؟»

٤٣عیساش وەڵامی دانەوە و پێی گوتن: «لەناو خۆتاندا بۆڵەبۆڵ مەکەن. ٤٤کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوك ڕاینەکێشێت، ئەوەی ناردوومی، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە. ٤٥لە پەڕتووکی پێغەمبەراندا نووسراوە: ﴿هەموو لە خوداوە فێر دەبن.﴾[a] جا ئەوەی لە باوکەوە بیستبێتی و فێربووبێت دێتە لام. ٤٦کەس باوکی نەبینیوە جگە لەوەی لە خوداوەیە، تەنها ئەوەی لە خوداوەیە باوکی بینیوە. ٤٧ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. ٤٨منم نانی ژیان. ٤٩باوباپیرانتان لە چۆڵەوانیدا مەنیان خوارد و مردن. ٥٠بەڵام ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. ٥١منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێك لەم نانە بخوات بۆ هەتاهەتایە دەژییێت. ئەو نانەش کە بۆ ژیانی جیهان دەیبەخشم، جەستەمە.»

٥٢جولەکەکان لەناو خۆیان دەمەقاڵەیان بوو و دەیانگوت: «ئەمە چۆن دەتوانێ جەستەی خۆیمان بداتێ بیخۆین؟»

٥٣لەبەر ئەوە عیسا پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر جەستەی کوڕی مرۆڤ نەخۆن و خوێنی نەخۆنەوە، ژیان لە ناختاندا نابێت. ٥٤ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی هەتاهەتایی هەیە، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە، ٥٥چونکە جەستەم خۆراکی ڕاستەقینەیە و خوێنیشم خواردنەوەی ڕاستەقینە. ٥٦ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە بە منەوە پەیوەست دەبێت و منیش بەوەوە. ٥٧وەك باوکی زیندوو ناردوومی، منیش بەو باوکە زیندووم، ئاواش ئەوەی لە جەستەی من بخوات بەهۆی منەوە دەژییێت. ٥٨ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نەك وەکو ئەوەی باوباپیران خوارديان و مردن. ئەوەی لەم نانە بخوات هەتاهەتایە دەژییێت.» ٥٩ئەمانەی لە کەنیشتێکدا فەرموو، لە کەفەرناحوم خەڵکی فێر دەکرد.

## قوتابییەکان گومان دەکەن

٦٠لەبەر ئەوە زۆر لە قوتابییەکانی کە گوێیان لێبوو، گوتیان: «ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟»

٦١عیسا لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پێی فەرموون: «ئایا ئەمە بۆ ئێوە دەبێتە کۆسپ؟ ٦٢ئەی ئەگەر ببینن کوڕی مرۆڤ بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی یەکەم جار لێی بوو؟! ٦٣ڕۆحی پیرۆز ژیان دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵك نایەت. ئەو قسانەی پێم گوتن ڕۆح و ژیانن. ٦٤بەڵام هەندێکتان باوەڕ ناکەن،» کە عیسا لە سەرەتاوە ئەوانەی دەناسی کە باوەڕ ناهێنن، هەروەها کێیە ئەوەی بە گرتنی دەدات. ٦٥ئینجا فەرمووی: «لەبەر ئەوە پێم گوتن، کەس ناتوانێ بێت بۆ لام، مەگەر باوك ڕێگەی پێدابێت.»

[a] ٤٥ ئیشایا ١٣:٥٤

٦٦لەو کاتەوە زۆر لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر
لەگەڵی نەدەگەڕان.
٦٧لەبەر ئەوە عیسا بە دوازدەکەی[a] فەرمووی: «ئەی
ئێوە ناتانەوێ بڕۆن؟»
٦٨شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: «گەورەم،
بچینە لای کێ؟ وتەکانی ژیانی هەتاهەتایی لەلای
تۆیە. ٦٩ئێمەش باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ
پیرۆزەکەی خودایت.»
٧٠عیسا وەڵامی دانەوە: «ئایا من ئێوەی دوازدەم
هەڵنەبژاردووە؟ بەڵام یەکێك لە ئێوە ئیبلیسە!»
٧١ئەو باسی یەهوزای شیمۆنی ئەسخەریوتی دەکرد،
چونکە بەتەمابوو بە گرتنی بدات کە یەکێکە لە
دوازدە قوتابییەکە.

## ڕقی جیهان لە عیسا

٧ دوای ئەمانە عیسا بە جەلیلدا دەگەڕا و
نەیدەویست لە یەهودیا بگەڕێ، چونکە
ڕابەرانی جولەکەی ئەوێ هەوڵیان دەدا بیکوژن.
٢جەژنی کەپرەشینەی[b] جولەکەش نزیك بوو، ٣براکانی
پێیان گوت: «ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ یەهودیا، تاکو
قوتابییەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت،
٤هیچ کەسێك بە نهێنی شتێك ناکات ئەگەر بیەوێت
ئاشکرابێت. ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت، خۆت پیشانی
جیهان بدە.» ٥براکانی وایان پێ گوت، چونکە تەنانەت
ئەوانیش باوەڕیان پێی نەدەکرد.
٦عیساش پێی فەرموون: «جارێ کاتم نەهاتووە،
بەڵام هەردەم کاتی ئێوە گونجاوە. ٧جیهان ناتوانێت
ڕقی لێتان بێتەوە، بەڵام ڕقی لە من دەبێتەوە، چونکە
شایەتی لەسەر دەدەم کە کردەوەی خراپە. ٨ئێوە
بڕۆنە جەژنەکە، من نایەمە ئەم جەژنە، چونکە
هێشتا کاتم تەواو نەبووە.» ٩ئەمانەی فەرموو و لە
جەلیل مایەوە.
١٠بەڵام کە براکانی بۆ جەژنەکە چوون، ئەویش
ڕۆیشت، بەڵام بە ئاشکرا نا، ١١ڕابەرانی جولەکە لە
جەژنەکەدا بەدوایدا دەگەڕان و دەیانگوت: «ئەو
لەکوێیە؟»
١٢لەنێو خەڵکەکەدا چرپەچرپێکی زۆری لەسەر
بوو، هەندێکیان دەیانگوت: «چاکە.»
خەڵکی دیکەش دەیانگوت: «نەخێر، بەڵکو خەڵك
گومڕا دەکات.» ١٣بەڵام کەس لە ترسی جولەکەکان بە
ئاشکرا باسی نەدەکرد.

## بیروڕای جیاواز دەربارەی عیسا

١٤کاتێك نیوەی جەژن بوو، عیسا چووە
حەوشەکانی پەرستگا و خەڵکی فێردەکرد.
١٥جولەکەکان سەرسام بوون و پرسییان: «ئەمە کە
فێرنەکراوە[c] چۆن ئەم هەموو زانیارییەی هەیە؟»
١٦عیسا وەڵامی دانەوە: «فێرکردنم هی خۆم نییە،
بەڵکو هی ئەوەیە کە ناردوومی. ١٧ئەگەر کەسێك
بیەوێت بە خواستی ئەو بکات، لە فێرکردن دەزانێت
ئاخۆ هی خودایە یان لە خۆمەوە دەدوێم. ١٨ئەوەی
لە خۆیەوە بدوێت، داوای شکۆی خۆی دەکات، بەڵام
ئەوەی داوای شکۆی ئەوە بکات کە ناردوویەتی،
ئەمە ڕاستگۆیە و فڕوفێڵی تێدا نییە. ١٩ئایا موسا
تەوراتی نەداونەتێ؟ بەڵام کەس لە ئێوە بە قسەی
تەورات ناکات. بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟»
٢٠خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: «ڕۆحی پیست
هەیە! کێ هەوڵی کوشتنت دەدات؟»
٢١عیسا پێی فەرموون: «کارێکم کرد و هەموو
سەرسام بوون. ٢٢لە ڕۆژی شەممەدا کوڕ خەتەنە
دەکەن، چونکە دەڵێن کە موسا خەتەنەکردنی پێ
سپاردوون، هەرچەندە خەتەنەکردن لە موساوە
نەبووە، بەڵکو لە باپیرانتانەوەیە. ٢٣ئەگەر کوڕ لە ڕۆژی
شەممە خەتەنە بکرێت تاکو تەوراتی موسا نەشکێت،
باشە لە من تووڕە دەبن کە لە ڕۆژی شەممە سەراپای
مرۆڤێکم چاککردەوە؟ ٢٤بە ڕواڵەت حوکم مەدەن،
بەڵکو حوکمێکی دادپەروەرانە بدەن.»
٢٥لەبەر ئەوە هەندێك لە خەڵکی ئۆرشەلیم

[a] ٦٧ دوازدە قوتابییەکەی عیسا.
[b] ٢ بڕوانە دواوتار ١٦:١٣
[c] ١٥ زانیاری لە تەرورات، هەروەها فێرکردنی لەلایەن مامۆستایەکی تەورات.

دەیانگوت: «ئەمە نییە ئەوەی دەیانەوێت بیکوژن؟
[٢٦]ئەوەتا بە ئاشکرا قسە دەکات و هیچی پێ ناڵێن.
ئایا سەرۆکەکان بەڕاستی بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمە
مەسیحەکەیە[a]؟ [٢٧]بەڵام ئێمە دەزانین ئەمە خەڵکی
کوێیە. کاتێك مەسیحیش دێت کەس نازانێت خەڵکی
کوێیە.»

[٢٨]عیساش لە حەوشەکانی پەرستگا خەڵکی
فێردەکرد، هاواری کرد: «بەڵێ، دەمناسن و دەزانن
خەڵکی کوێم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵام ئەوەی
منی ناردووە ڕاستە. ئێوە نایناسن، [٢٩]بەڵام من
دەیناسم چونکە لەوم و ئەویش منی ناردووە.»
[٣٠]لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا بیگرن، بەڵام کەس
دەستی بۆ درێژ نەکرد، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو.
[٣١]زۆر لە خەڵکەکەش باوەڕیان پێی هێنا و گوتیان:
«ئایا کاتێك مەسیح دێت، پەرجووی زیاتر دەکات
لەوەی ئەمە کردوویەتی؟»

[٣٢]فەریسییەکان گوێیان لێبوو کە خەڵکەکە لەسەر
ئەو چرپەچرپی ئەمانەیانە، جا کاهینانی باڵا و
فەریسییەکان خزمەتکاریان نارد تاکو بیگرن.
[٣٣]عیسا فەرمووی: «ماوەیەکی کەمم لەگەڵتان
ماوە، ئینجا دەچمە لای ئەوەی ناردوومی. [٣٤]داوام
دەکەن و نامدۆزنەوە، ناتوانن بێن بۆ ئەو شوێنەی
من لێی دەبم.»

[٣٥]ئیتر جولەکەکان لەنێو خۆیاندا گوتیان: «ئەمە
بە نیازە بۆ کوێ بڕوات کە نایدۆزینەوە؟ ئایا بۆ
لای پەراگەندەکانی نێو یۆنانییەکان دەڕوات، تاکو
یۆنانییەکان فێر بکات؟! [٣٦]ئەم قسەیە چییە دەیکات:
”داوام دەکەن بەڵام نامدۆزنەوە“ و ”ناتوانن بێن بۆ
ئەو شوێنەی من لێی دەبم“؟»

## ڕووباری زیندوو

[٣٧]لە دوایین ڕۆژی گەورەی جەژندا، عیسا ڕاوەستا
و هاواری کرد: «ئەگەر یەکێك تینووی بوو با بێتە
لام و بخواتەوە. [٣٨]ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، وەك
نووسراوە پیرۆزەکە فەرموویەتی، لە ناخییەوە[b]
ڕووبارەکانی ئاوی زیندوو دەڕوات.» [٣٩]لێرەدا
مەبەستی لە ڕۆحی پیرۆز بوو، کە ئەوانەی باوەڕی
پێدەهێنن دواتر وەریدەگرن، بەڵام هێشتا ڕۆحی
پیرۆز نەدرابوو، چونکە عیسا شکۆدار نەببوو.
[٤٠]هەندێك لە خەڵکەکە کە گوێیان لەم قسانە بوو،
گوتیان: «ئەمە بە ڕاستی پێغەمبەرەکەیە.»
[٤١]هەندێکی دیکە، گوتیان: «ئەمە مەسیحەکەیە.»
بەڵام هەندێك گوتیان: «باشە مەسیح لە جەلیلەوە
دێت؟ [٤٢]ئایا نووسراوە پیرۆزەکە نافەرموێت، مەسیح
لە ڕەچەڵەکی داود و لە بێتلەحمەوە دێت،
گوندەکەی داودی لێبوو؟[c]» [٤٣]بۆیە بەهۆی ئەوەوە
دووبەرەکی کەوتە نێوان خەڵکەکە. [٤٤]هەندێك لەوان
ویستیان بیگرن، بەڵام کەس دەستگیری نەکرد.
[٤٥]ئەوسا خزمەتکارەکان گەڕانەوە لای کاهینانی
باڵا و فەریسییەکان، ئەوانیش لێیان پرسین: «بۆچی
نەتانهێنا؟»
[٤٦]خزمەتکارەکان وەڵامیان دایەوە: «هەرگیز کەس
وەك ئەمە قسەی نەکردووە!»
[٤٧]فەریسییەکان گوتیان: «ئایا ئێوەش گومڕا بوون؟
[٤٨]باشە کەس لە سەرۆکەکان یان فەریسییەکان
باوەڕی پێ هێناوە؟ [٤٩]بێجگە لەم خەڵکە نەفرەت
لێکراوە کە لە تەورات نازانێت.»
[٥٠]نیقۆدیمۆس کە پێشتر هاتبووە لای عیسا و
یەکێك بوو لەوان، لێی پرسین: [٥١]«ئایا تەوراتمان
حوکمی یەکێك دەدات پێش ئەوەی گوێی لێ بگرێت
و بزانێت چی کردووە؟»
[٥٢]وەڵامیان دایەوە: «تۆش جەلیلیت؟ بگەڕێ و
ببینە، لە جەلیلدا پێغەمبەر هەڵناکەوێت.»
[ [٥٣]ئیتر هەریەکە چووەوەماڵی خۆی،
٨
بەڵام عیسا چوو بۆ کێوی زەیتوون.

[a] ٢٦ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

[b] ٣٨ یۆنانی: لە سکییەوە.

[c] ٤٢ بڕوانە میخا ٥:٢.

## ژنێکی داوێنپیس

٢عیسا لە بەرەبەیاندا گەڕایەوە حەوشەکانی
پەرستگا، هەموو خەڵك هاتنە لای و ئەویش
دانیشت و فێری دەکردن. ٣مامۆستایانی تەورات[a] و
فەریسییەکان ژنێکیان هێنا کە لە کاتی داوێنپیسیدا
گیرابوو، لە ناوەڕاستی خەڵکەکە ڕایانگرت، ٤پێیان
گوت: «مامۆستا، ئەم ژنە لە کاتی ئەنجامدانی
داوێنپیسیدا گیراوە. ٥موساش لە تەوراتدا فەرمانی پێ
کردووین ژنی ئاوا بەردباران بکرێت. تۆ چی دەڵێی؟»
٦ئەمەیان بۆ تاقیکردنەوەی عیسا گوت، تاکو شتێکیان
هەبێت سکاڵای لێ بکەن.

بەڵام عیسا خۆی چەماندەوە و بە پەنجە لەسەر
زەوی دەینووسی. ٧کاتێك ئەوان بەردەوام بوون لە
پرسیارکردن، عیسا هەستایەوە و پێی فەرموون:
«کامەتان بێ گوناهە با یەکەم بێت بەردێکی
تێبگرێ.» ٨دیسان خۆی چەماندەوە و لەسەر زەوی
دەینووسی.

٩ئەوانەی گوێیان لێبوو، یەك لەدوای یەك ڕۆیشتن،
دەستپێك لە پیرانەوە. ئەوسا عیسا بە تەنها مایەوە،
ژنەکەش لەوێ ڕاوەستابوو. ١٠عیسا ڕاستبووەوە و
پێی فەرموو: «خانم، ئەوانە چییان لێهات؟ کەس
تاوانباری نەکردیت؟»

١١گوتی: «نەخێر گەورەم.»

عیسا فەرمووی: «منیش تاوانبارت ناکەم. بڕۆ ئیتر
گوناه مەکە.»]

## من ڕووناکی جیهانم

١٢دیسان عیسا قسەی بۆ کردن و فەرمووی: «منم
ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە
تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.»
١٣ئینجا فەریسییەکان پێیان گوت: «تۆ شایەتی بۆ
خۆت دەدەیت. شایەتییەکەت ڕاست نییە.»
١٤عیساش پێی فەرموون: «تەنانەت ئەگەر من
شایەتی بۆ خۆم بدەم، شایەتییەکەم ڕاستە، چونکە
دەزانم لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم. بەڵام
ئێوە نازانن من لەکوێوە هاتووم یان بۆ کوێ دەڕۆم.
١٥ئێوە بەگوێرەی پێوانەکانی مرۆڤ حوکم دەدەن،
بەڵام من کەس حوکم نادەم. ١٦ئەگەر حوکمیش
بدەم حوکمدانەکەم ڕاستە، چونکە بە تەنها نیم،
بەڵکو من و باوکین، ئەوەی ناردوومی. ١٧لە تەوراتی
ئێوەشدا نووسراوە کە شایەتی دوو کەس ڕاستە.
١٨منم شایەتی بۆ خۆم دەدەم، ئەو باوکەش کە منی
ناردووە شایەتیم بۆ دەدات.»

١٩ئەوسا لێیان پرسی: «باوکت لەکوێیە؟»

عیسا وەڵامی دایەوە: «نە من دەناسن و نە
باوکیشم. ئەگەر منتان بناسیایە باوکی منیشتان
دەناسی.» ٢٠ئەو قسانەی لە کاتێکدا فەرموو کە لەناو
حەوشەکانی پەرستگا لە نزیك گەنجینەکە[b] خەڵکی
فێردەکرد، بەڵام کەس نەیگرت، چونکە هێشتا کاتی
نەهاتبوو.

٢١دیسان عیسا پێی فەرموون: «من دەڕۆم و ئێوە
بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام لەناو گوناهەکانتان دەمرن.
ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من بۆی دەچم.»

٢٢جولەکەکان دەیانگوت: «ئایا خۆی دەکوژێت؟
چونکە دەڵێ: "ئێوە ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی من
بۆی دەچم."»

٢٣ئیتر عیسا پێی فەرموون: «ئێوە هی خوارەوەن،
من هی سەرەوەم. ئێوە هی ئەم جیهانەن، بەڵام من
هی ئەم جیهانە نیم. ٢٤لەبەر ئەوە پێم گوتن: لەناو
گوناهەکانتان دەمرن، چونکە ئەگەر باوەڕ نەهێنن
کە من ئەوم، ئەوا لەناو گوناهەکانتان دەمرن.»

٢٥لێیان پرسی: «تۆ کێیت؟»

عیسا پێی فەرموون: «من هەر ئەوەم کە لە
سەرەتاوە پێم گوتن. ٢٦زۆر شتم هەیە لەسەرتان
کە بیڵێم و ئێوەی پێ حوکم بدەم. بەڵام ئەوەی
ناردوومی جێی متمانەیە، هەرچیم لەو بیستووە بە
جیهانی دەڵێم.»

٢٧ئەوان تێنەگەیشتن کە باسی باوکی دەکات.
٢٨لەبەر ئەوە عیسا پێی فەرموون: «کاتێك کوڕی

[a] ٣ مالم.

[b] ٢٠ شوێنێك بوو لەناو پەرستگا، بۆ کۆکردنەوەی بەخشین.

مرۆڤتان بەرزکردەوە،[a] ئەوسا دەزانن کە من ئەوم و لە خۆمەوە هیچ ناکەم، بەڵکو وەك باوك فێری کردووم قسە دەکەم. [٢٩]ئەوەی ناردوومی لەگەڵمدایە و بە تەنها بەجێی نەهێشتووم، چونکە هەمیشە ئەوە دەکەم کە جێی ڕەزامەندی ئەوە.» [٣٠]کاتێك ئەم قسانەی دەکرد، زۆر کەس باوەڕیان پێی هێنا.

## ڕاستی ئازادتان دەکات

[٣١]عیسا بەو جولەکانەی فەرموو کە باوەڕیان پێی هێنابوو: «ئەگەر لەسەر فێرکردنەکانم بمێننەوە، ئەوا بەڕاستی قوتابی منن و [٣٢]ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات.»

[٣٣]وەڵامیان دایەوە: «ئێمە نەوەی ئیبراهیمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووین. ئیتر چۆن دەفەرمووی: ”ئێوە ئازاد دەبن“؟»

[٣٤]عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەرکەسێك گوناه بکات کۆیلەی گوناهە. [٣٥]کۆیلە هەتاهەتایە لە ماڵ نامێنێتەوە، بەڵام کوڕ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. [٣٦]ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن. [٣٧]دەزانم لە نەوەی ئیبراهیمن. بەڵام هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە پەیامەکەم لە دڵی ئێوەدا جێگای نییە. [٣٨]چیم لەلای باوکم بینیوە دەیڵێم، ئێوەش چیتان لە باوکتانەوە بیستووە دەیکەن.»

[٣٩]وەڵامیان دایەوە: «باوکمان ئیبراهیمە.»

عیساش پێی فەرموون: «ئەگەر ڕۆڵەی ئیبراهیم بوونایە، کردارەکانی ئیبراهیمتان دەکرد. [٤٠]بەڵام ئێستا هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە من ئەو کەسەم ئەو ڕاستییەی لە خوداوە بیستم پێم گوتن. ئەمەش ئیبراهیم نەیکردووە. [٤١]ئێوە کردارەکانی باوکتان دەکەن.»

جا پێیان گوت: «بە زۆڵی لەدایك نەبووین. یەك باوکمان هەیە کە خودایە.»

## باوکی درۆ

[٤٢]عیسا پێی فەرموون: «ئەگەر خودا باوکتان بوایە، منتان خۆشدەویست، چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی. [٤٣]بۆچی لە قسەکانم تێناگەن؟ چونکە ئێوە ناتوانن گوێ لە وشەکانم بگرن. [٤٤]ئێوە لە ئیبلیسی باوکتانن، دەتانەوێت بە ئارەزووەکانی باوکتان بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژ بووە، لە ڕاستیدا نەچەسپاوە، چونکە ڕاستی لە ئەودا نییە. کاتێك درۆ دەکات، بە زمانی خۆی قسە دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە. [٤٥]هەر بۆیە، کاتێك من ڕاستی دەڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن! [٤٦]کامەتان دەتوانێت گوناهێکم لەسەر بسەلمێنێ؟ جا ئەگەر ڕاستی دەڵێم، بۆچی باوەڕم پێ ناکەن؟ [٤٧]ئەوەی لە خوداوەیە، گوێ لە پەیامی خودا دەگرێت. بۆیە ئێوە گوێ ناگرن، چونکە لە خوداوە نین.»

[٤٨]جولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «ئایا ئێمە ڕاست ناڵێین کە تۆ سامیرەییت و ڕۆحی پیست تێدایە؟»

## بەر لە ئیبراهیم من هەم

[٤٩]عیسا وەڵامی دانەوە: «من ڕۆحی پیسم تێدا نییە، بەڵام ڕێزی باوکم دەگرم و ئێوەش سووکایەتیم پێ دەکەن. [٥٠]داوای شکۆ بۆ خۆم ناکەم، بەڵام یەکێك هەیە کە بۆم داوا دەکات و حوکم دەدات. [٥١]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر یەکێك گوێڕایەڵی وشەکانم بێت هەرگیز مردن نابینێت.»

[٥٢]پاشان جولەکەکان پێیان گوت: «ئێستا زانیمان ڕۆحی پیست تێدایە. ئیبراهیم و پێغەمبەران مردن، کەچی تۆ دەڵێی: ”ئەوەی گوێڕایەڵی وشەکانم بێت هەرگیز تامی مردن ناکات.“ [٥٣]ئایا تۆ لە ئیبراهیمی باوکمان گەورەتری کە مرد؟ پێغەمبەرانیش مردن. خۆت بە چی دادەنێیت؟»

[٥٤]عیسا وەڵامی دانەوە: «ئەگەر من خۆم شکۆدار بکەم، ئەوا شکۆمەندییەکەم هیچ نییە، ئەوە باوکمە کە شکۆدارم دەکات، ئەوەی ئێوە دەڵێن خودامانە. [٥٥]هەرچەندە ئێوە نایناسن، بەڵام من دەیناسم.

[a] ٢٨ لێرەدا مەبەستی لە بەرزکردنەوەیەتی بۆ سەر خاچ. بڕوانە یۆحەنا ٣:١٤ لەگەڵ سەرژمێری ٢١:٨-٩.

ئەگەر بڵێم نایناسم، وەك ئێوە دەبمە درۆزن. بەڵام
دەیناسم و گوێڕایەڵی وشەکانی دەبم. ٥٦ئیبراهیمی
باوکتان دڵشاد بوو کە ڕۆژی هاتنی من ببینێت، جا
ئەو ڕۆژەی بینی و دڵخۆش بوو.»
٥٧جولەکەکان پێیان گوت: «تۆ جارێ تەمەنت
نەبووە بە پەنجا ساڵ، ئیتر چۆن دەڵێیت کە
ئیبراهیمت بینیوە؟»
٥٨عیسا پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم،
پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایك ببێت، من هەم.»
٥٩ئەوسا بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن،
بەڵام عیسا خۆی شاردەوە و حەوشەکانی پەرستگای
بەجێهێشت.

## چاککردنەوەی کەسێکی بە زگماك نابینا

٩ کاتێك کە عیسا بە ڕێگادا تێدەپەڕی، پیاوێکی
بینی کە بە زگماك نابینا بوو، ٢قوتابییەکانی
لێیان پرسی، گوتیان: «ڕابی، کێ گوناهی کردووە، ئەم
پیاوە یان دایك و باوکی، وا بە زگماك نابینایە؟»
٣عیسا وەڵامی دایەوە: «نە ئەمە گوناهی کردووە
نە دایك و باوکیشی، بەڵکو تاکو کارەکانی خودای
تێدا دەربکەوێت. ٤هەتا ڕۆژە لەسەرمانە کاری ئەوە
بکەین کە ناردوومی، چونکە شەو دادێت و کەس
ناتوانێت کاری تێدا بکات. ٥ئەوەندەی لە جیهاندام،
من ڕووناکی جیهانم.»
٦ئەمەی فەرموو و تفی لەسەر زەوی کرد، بە
تفەکە قوڕی گرتەوە، بە قوڕەکەش چاوی پیاوەکەی
سواخ دا. ٧پێی فەرموو: «بڕۆ لە گۆمی سیلوام خۆت
بشۆ» (سیلوام واتە نێردراو). جا ڕۆیشت، خۆی
شوشت و بە چاوی ساغەوە گەڕایەوە ماڵەوە.
٨ئینجا دراوسێ و ئەوانەی پێشتر بینیبوویان
سواڵ دەکات گوتیان: «ئەمە ئەوە نییە دادەنیشت و
سواڵی دەکرد؟» ٩هەندێك گوتیان: «خۆیەتی.»
هەندێکی دیکە گوتیان: «نەخێر، بەڵام لەو
دەچێت.»
ئەویش دەیگوت: «من ئەوم.»
١٠ئینجا لێیان پرسی: «ئەی چۆن چاوت کرایەوە؟»
١١وەڵامی دایەوە: «پیاوێك پێی دەگوترێ عیسا،
قوڕی گرتەوە و چاومی سواخ دا، پێی فەرمووم: ”بڕۆ
لە گۆمی سیلوام خۆت بشۆ.“ منیش ڕۆیشتم، خۆمم
شوشت و پاشان چاوەکانم بینییان.»
١٢لێیان پرسی: «ئەو لەکوێیە؟»
گوتی: «نازانم.»
١٣جا ئەوەی پێشتر نابینا بوو بردییانە لای
فەریسییەکان. ١٤ئەو ڕۆژەی عیسا قوڕەکەی
گرتەوە و چاوی کردەوە شەممە بوو. ١٥لەبەر ئەوە
فەریسییەکان لێیان پرسی کە چۆن چاوی چاك
بووەتەوە. پیاوەکە وەڵامی دانەوە: «قوڕی خستە
سەر چاوم، منیش شوشتم و ئێستا دەبینم.»
١٦هەندێك لە فەریسییەکان گوتیان: «ئەم پیاوە لە
خوداوە نییە، چونکە شەممە ناپارێزێت.[a]»
بەڵام هەندێکی دیکە گوتیان: «چۆن پیاوێکی
گوناهبار دەتوانێت پەرجووی بەم جۆرە بکات؟» ئیتر
دووبەرەکی کەوتە نێوانیان.
١٧دیسان بە نابیناکەیان گوت: «تۆ دەربارەی ئەو
چی دەڵێی، چونکە چاوی تۆی چاك کردەوە؟»
گوتی: «پێغەمبەرە.»
١٨ڕابەرانی جولەکەکان باوەڕیان نەکرد کە ئەمە
نابینا بووە و ئێستا دەبینێت، ئیتر دایك و باوکی
ئەوەیان بانگکرد کە دەبینێت. ١٩لێیان پرسین: «ئایا
ئەمە کوڕتانە کە دەڵێن بە زگماك نابینا بووە؟ ئەی
ئێستا چۆن دەبینێت؟»
٢٠دایك و باوکی وەڵامیان دایەوە: «دەزانین
ئەمە کوڕمانە و بە زگماك نابینا بوو. ٢١بەڵام نازانین
ئێستا چۆن دەبینێت، یان نازانین کێ چاوی چاك
کردووەتەوە. لە خۆی بپرسن، ئەو گەورەیە و باسی
خۆی دەکات.» ٢٢دایك و باوکی لە ترسی ڕابەرانی
جولەکە ئەمەیان گوت، چونکە تەگبیریان کردبوو
هەرکەسێك دانبنێت کە عیسا مەسیحەکەیە، لە

---

[a] ١٦ بەگوێرەی ڕاسپاردەی تەوراتی موسا نابێت لە ڕۆژی
شەممە هیچ کارێك بکرێت، جولەکە زۆر بە توندی پەیڕەویان
دەکرد. بڕوانە دەرچوون ٢٠:٨-١١.

کەنیشت دەریدەکەن. [٢٣]لەبەر ئەوە دایك و باوکی گوتیان: «ئەو گەورەیە، لە خۆی بپرسن.»

[٢٤]دیسان فەریسییەکان ئەو پیاوەی پێشتر نابینا بوو بانگیان کرد و پێیان گوت: «سوێند بە خودا بخۆ کە ڕاستییەکە بڵێیت! دەزانین ئەم پیاوە گوناهبارە.»

[٢٥]کابرا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر ئەو گوناهبارە، نازانم، بەڵام یەك شت دەزانم، نابینا بووم و ئێستا دەبینم.»

[٢٦]لەبەر ئەوە لێیان پرسی: «چی لێکردیت؟ چۆن چاوی تۆی کردەوە؟»

[٢٧]وەڵامی دانەوە: «پێم گوتن گوێتان لێ نەگرتم. بۆچی دیسان دەتانەوێ ببیستن؟ ئێوەش دەتانەوێ ببنە قوتابی ئەو؟»

[٢٨]جنێویان پێیدا و گوتیان: «تۆ قوتابی ئەویت! بەڵام ئێمە قوتابی موساین. [٢٩]دەزانین خودا قسەی لەگەڵ موسا کرد، بەڵام نازانین ئەمە لەکوێوە هاتووە.»

[٣٠]کابرا وەڵامی دانەوە: «ئەمە شتێکی سەیرە! ئەو چاوی کردوومەتەوە، ئێوەش نازانن ئەو لەکوێوە هاتووە. [٣١]ئێمە دەزانین خودا گوێ لە گوناهباران ناگرێت، بەڵام ئەگەر یەکێك لەخواترس بێت و خواستی خودا پەیڕەو بکات، ئەوا گوێی لێ دەگرێت. [٣٢]هەرگیز نەبیستراوە یەکێك چاوی مرۆڤێکی بە زگماك نابینای چاك کردبێتەوە. [٣٣]ئەگەر ئەم کەسە لە خوداوە نەبێت، نەیدەتوانی هیچ بکات.»

[٣٤]پێیان گوت: «تۆ بە تەواوی لە گوناه لەدایك بوویت. تۆ فێرمان دەکەیت؟» جا دەریانکردە دەرەوە[a].

[٣٥]عیسا بیستی دەریانکردووە، دۆزییەوە و پێی فەرموو: «باوەڕ بە کوڕی مرۆڤ دەکەیت؟»

[٣٦]کابرا وەڵامی دایەوە: «گەورەم، ئەو کێیە تاکو باوەڕی پێ بکەم؟»

[٣٧]عیسا پێی فەرموو: «تۆ ئەوت بینیوە، ئەو هەمان ئەو کەسەیە کە ئێستا قسەت لەگەڵ دەکات.»

[٣٨]ئەویش گوتی: «گەورەم، باوەڕ دەکەم.» ئینجا کڕنۆشی بۆ برد.

[٣٩]عیسا فەرمووی: «بۆ حوکمدان هاتوومەتە ئەم جیهانە، تاکو ئەوانەی نابینان ببینن و ئەوانەی دەبینن کوێر بن.»

[٤٠]هەندێك فەریسی کە لەگەڵی بوون گوێیان لەمە بوو، لێیان پرسی: «ئایا ئێمەش کوێرین؟»

[٤١]عیسا پێی فەرموون: «ئەگەر ئێوە کوێر بوونایە گوناهتان نەدەبوو. بەڵام ئێستا ئێوە دەڵێن: ”دەبینین،“ لەبەر ئەوە گوناهەکەتان دەمێنێتەوە.»

## من شوانە دڵسۆزەکەم

١٠ «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەوەی لە دەرگاوە نەچێتە ناو پشتیری[b] مەڕەکان، بەڵکو بە ڕێگایەکی دیکەدا بۆی سەربکەوێت، ئەوە دز و جەردەیە. [٢]بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی مەڕەکانە. [٣]دەرگاوانیش دەرگاکەی لێی دەکاتەوە، مەڕەکانیش گوێ لە دەنگی دەگرن، بە ناو بانگی مەڕەکانی خۆی دەکات و دەیانباتە دەرەوە. [٤]کاتێك هەموو ئەوانەی خۆی هێنایە دەرەوە، لەپێشیانەوە دەڕوات و مەڕەکانیش دوای دەکەون، چونکە دەنگی دەناسن. [٥]هەرگیز دوای کەسی بێگانە ناکەون، بەڵکو لێی ڕادەکەن، چونکە دەنگی بێگانە ناناسن.» [٦]عیسا ئەم نموونەیەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن باسی چییان بۆ دەکات.

[٧]لەبەر ئەوە دیسان عیسا فەرمووی: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، منم دەرگای مەڕەکان. [٨]هەموو ئەوانەی پێش من هاتوون دز و جەردە بوون[c]، بەڵام مەڕەکان گوێیان لێ نەگرتن. [٩]منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت، ئازادانە دێتە

[a] ٣٤ دەرکردن لە کەنیشت و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو جولەکەیەك.

[b] ١ پشتیر: گەوەڕ، شوێنێکی تایبەتە بە کۆکردنەوەی مەڕ لە شەودا.

[c] ٨ مەبەستی ئەوانەیە کە پێش هاتنی مەسیح بۆ خۆیان بانگەشەیان کرد کە مەسیحن، بەڵام درۆزن بوون. بڕوانە کردار ٣٧،٣٦:٥.

ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە.
[١٠]دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت.
بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت،
ژیانێکی پڕ و تەواو.
[١١]«منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی
خۆی لە پێناوی مەڕەکاندا دادەنێت. [١٢]بەکرێگیراویش
شوانی مەڕەکان نییە و مەڕەکانیش هی ئەو نین.
کاتێك دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت
و ڕادەکات، گورگیش مەڕەکان دەبات و پەرتەوازەیان
دەکات. [١٣]کابرا هەڵدێت چونکە بە کرێ گیراوە و
خەمی مەڕەکانی نییە.
[١٤]«منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم
و ئەوانیش من دەناسن، [١٥]هەروەك چۆن باوك
دەمناسێت، منیش باوك دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکان
دادەنێم. [١٦]هەروەها مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم
پشتیرەیە نین، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش
گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەك مێگەل و
یەك شوان. [١٧]لەبەر ئەوە باوك منی خۆشدەوێت،
چونکە ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەریبگرمەوە.
[١٨]کەس لە منی ناستێنێ، بەڵکو خۆم دایدەنێم.
دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە.
ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.»
[١٩]بەهۆی ئەم قسانەوە دیسان دووبەرەکی لەنێو
جولەکەکان پەیدابوو. [٢٠]زۆربەیان گوتیان: «ڕۆحی
پیسی هەیە و وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی لێ دەگرن؟»
[٢١]هەندێکی دیکەیان گوتیان: «ئەمە قسەی
یەکێك نییە ڕۆحی پیسی تێدابێت. ئایا ڕۆحی پیس
دەتوانێت چاوی نابینا چاك بکاتەوە؟»

## من و باوك یەکین

[٢٢]زستان بوو و لە ئۆرشەلیم جەژنی هەنوکە[a] بوو،
[٢٣]عیساش لە حەوشەکانی پەرستگا لە ڕێڕەوە سەر
داپۆشراوەکەی سلێمان پیاسەی دەکرد، کە هەردوو
لای بە کۆڵەکە گیرابوو. [٢٤]جولەکەکان لێی کۆبوونەوە
و پێیان گوت: «هەتا کەی لە گومان دەمانهێڵیتەوە؟
ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ئاشکرا پێمان بڵێ.»
[٢٥]عیسا وەڵامی دانەوە: «پێم گوتن بەڵام باوەڕ
ناکەن. ئەو کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم،
شایەتیم بۆ دەدەن. [٢٦]بەڵام ئێوە باوەڕ ناکەن، چونکە
لە مەڕەکانم نین. [٢٧]مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن،
منیش دەیانناسم و ئەوانیش بەدوام دەکەون،
[٢٨]ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو
ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت. [٢٩]باوکم کە بە
منی داون لە هەمووان گەورەترە، کەسیش ناتوانێت
لە دەستی باوك بیانڕفێنێت. [٣٠]من و باوك یەکین.»
[٣١]دیسان ئەو جولەکانەی بەرهەڵستی عیسایان
دەکرد بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن.
[٣٢]بەڵام عیسا پێی فەرموون: «زۆر کاری چاکم لەلایەن
باوکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم
دەکەن؟»
[٣٣]جولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «لەبەر کردارێکی
چاك بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بەهۆی کفرکردنتەوە،
چونکە تۆ مرۆڤیت و خۆت دەکەیت بە خودا.»
[٣٤]عیساش وەڵامی دانەوە: «ئایا لە تەوراتەکەتان
نەنووسراوە: ﴿من پێم گوتن: ”ئێوە خوداوەندەکانن“﴾[b]؟
[٣٥]نووسراوە پیرۆزەکە هەمیشە ڕاستی دەفەرموێت.
ئەگەر خودا ئەوانە بە ”خوداوەندەکان“ ناو بنێت کە
وشەی خودایان بۆ هاتووەتە خوارەوە، [٣٦]ئیتر چۆن
ئێوە بەوە دەڵێن کە باوك بۆ خۆی تەرخانی کردووە
و ناردوویەتی بۆ جیهان: ”تۆ کفر دەکەیت،“ چونکە
گوتم: ”من کوڕی خودام“؟ [٣٧]ئەگەر کارەکانی باوکم
نەکەم، باوەڕم پێ مەکەن. [٣٨]بەڵام ئەگەر ئەو کارانە
بکەم، هەرچەندە باوەڕیشم پێ ناکەن، باوەڕ بەو کارانە
بکەن، تاکو بزانن و تێبگەن کە باوك لە مندایە و منیش
لە باوکدام.» [٣٩]دیسان ویستیان بیگرن، بەڵام لە دەستیان
دەربازی بوو.
[٤٠]ئینجا عیسا چووەوە ئەوبەری ڕووباری ئوردون
و لەوێ مایەوە، لەو شوێنەی کە یەحیا یەکەم جار
خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا. [٤١]زۆر خەڵك هاتنە لای

[a] ٢٢ هەروەها بە جەژنی پیرۆزکردن یان نوێکردنەوەی پەرستگا لە قودس ناسراوە، لە ساڵی ١٦٥ پ. ز.

[b] ٣٤ زەبوورەکان ٦:٨٢

و دەیانگوت: «یەحیا هیچ پەرجوویەکی نەکرد، بەڵام هەرچی یەحیا دەربارەی ئەم پیاوە گوتی ڕاست بوو.» ٤٢ لەوێ خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بە عیسا هێنا.

## مردنی لەعازر

١١ پیاوێك بە ناوی لەعازر نەخۆش بوو کە خەڵکی بێتعەنیا بوو، هەمان گوندەکەی مریەم و مەرسای خوشکی[a]. ٢ ئەم مریەمە ئەوە بوو کە مەسیحی خاوەن شکۆی بە بۆن چەورکرد، بە پرچی پێیەکانی سڕییەوە، لەعازری نەخۆشیش برای بوو. ٣ خوشکەکان هەواڵیان بۆ عیسا نارد و گوتیان: «گەورەم، ئەوەتا ئەوەی خۆشتدەوێ نەخۆشە.»

٤ کاتێك عیسا ئەمەی بیست فەرمووی: «ئەم نەخۆشییە بۆ مردن نییە، بەڵکو بۆ شکۆداری خودایە، تاکو بەهۆیەوە کوڕی خودا شکۆدار بێت.» ٥ لەگەڵ ئەوەی عیسا مەرسا و خوشکەکەی و لەعازری خۆشدەویست، ٦ بەڵام کاتێك بیستی نەخۆشە، لەو شوێنەی لێی بوو دوو ڕۆژ مایەوە.

٧ دوای ئەمە عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «با بچینەوە یەهودیا.»

٨ قوتابییەکان پێیان گوت: «ڕابی، تۆزێك لەمەوبەر جولەکەکانی ئەوێ دەیانویست بەردبارانت بکەن، دیسان دەچیتەوە ئەوێ؟»

٩ عیساش وەڵامی دایەوە: «ئایا ڕۆژ دوازدە کاتژمێر نییە؟ ئەوەی بە ڕۆژ بڕوات پێی هەڵناکەوێت، چونکە ڕووناکی ئەم جیهانە دەبینێت. ١٠ بەڵام ئەوەی بە شەو بڕوات پێی هەڵدەکەوێت، چونکە ڕووناکی تێدا نییە.»

١١ ئەمانەی فەرموو، پاشان پێی فەرموون: «لەعازری دۆستمان نوستووە، بەڵام دەڕۆم تاکو بەخەبەری بهێنمەوە.»

١٢ ئینجا قوتابییەکان پێیان گوت: «گەورەم، ئەگەر ئەو نوستووە، چاکدەبێتەوە.» ١٣ عیسا باسی مردنی ئەوی کرد، بەڵام ئەوان وایانزانی باس لە نوستنی ئاسایی دەکات.

١٤ عیساش بە ئاشکرا پێی فەرموون: «لەعازر مردووە. ١٥ لەبەر ئێوە دڵشادم کە لەوێ نەبووم، تاکو باوەڕ بهێنن. وەرن، با بڕۆین بۆ لای.»

١٦ تۆماسیش کە بە دووانە بانگ دەکرا، بە قوتابییە هاوەڵەکانی گوت: «با ئێمەش لەگەڵ ئەودا بڕۆین تاکو لەگەڵ ئەودا بمرین.»

## منم هەستانەوە و ژیان

١٧ کاتێك عیسا گەیشت، زانی لەعازر وا چوار ڕۆژە لە گۆڕدایە. ١٨ بێتعەنیاش نزیکەی پازدە تیرهاوێژ[b] لە ئۆرشەلیمەوە دوور بوو. ١٩ ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان هاتبوونە لای مەرسا و مریەم تاکو سەرەخۆشی براکەیان لێ بکەن. ٢٠ کاتێك مەرسا بیستی عیسا هاتووە، بەرەوپیری چوو، بەڵام مریەم لە ماڵ مایەوە.

٢١ ئینجا مەرسا بە عیسای گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد. ٢٢ ئێستاش دەزانم هەرچی لە خودا داوا بکەیت، خودا دەتداتێ.»

٢٣ عیسا پێی فەرموو: «براکەت زیندوو دەبێتەوە.»

٢٤ مەرساش پێی گوت: «دەزانم لە زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی هەڵدەستێتەوە.»

٢٥ عیسا پێی فەرموو: «منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە. ٢٦ هەروەها هەرکەسێك کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟»

٢٧ پێی گوت: «بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت.»

## گریانی عیسا

٢٨ پاشان کە ئەمەی گوت، چوو مریەمی خوشکی بانگکرد و بە نهێنی گوتی: «مامۆستا لێرەیە، بانگت دەکات.» ٢٩ ئەویش کە ئەمەی بیست خێرا هەستا و هاتە لای. ٣٠ عیسا هێشتا نەهاتبووە ناو گوندەکە، بەڵکو

[a] ١ بڕوانە لۆقا ١٠:٣٨-٤٢

[b] ١٨ نزیکەی سێ کیلۆمەترە.

لەو شوێنە بوو کە مەرسای لێ بینی. ٣١ئەو جولەکانەی
لە ماڵەوە لەگەڵی بوون و دڵنەواییان دەکرد، بینییان
مریەم خێرا هەستا و چووە دەرەوە، دوای کەوتن،
وایانزانی دەچێتە سەر گۆڕەکە تاکو لەوێ بگرییێت.
٣٢کاتێك مریەم گەیشتە ئەو شوێنەی عیسای
لێبوو و ئەوی بینی، بەسەر پێیدا کەوت و پێی گوت:
«گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد.»
٣٣عیساش کە بینی دەگرییێت و ئەو جولەکانەش
کە لەگەڵی هاتبوون دەگریێن، کاری لە ڕۆحی کرد
و خەمبار بوو، ٣٤لێی پرسین: «لەکوێتان داناوە؟»
ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «گەورەم، وەرە و ببینە.»
٣٥جا عیسا گریا.
٣٦لەبەر ئەوە جولەکەکان گوتیان: «سەیر بکەن،
چەندی خۆشدەویست!»
٣٧بەڵام هەندێکیان گوتیان: «ئەمە کە چاوی
نابیناکەی چاك کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردایە
ئەمیش نەمردایە؟»

## زیندووکردنەوەی لەعازر

٣٨دیسان عیسا لە ناخەوە خەم دایگرت و هاتە
لای گۆڕەکە کە ئەشکەوتێك بوو دەمەکەی بەردێکی
پێوەنرابوو. ٣٩عیسا فەرمووی: «بەردەکە لادەن.»
مەرسای خوشکی مردووەکە پێی گوت: «گەورەم،
بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە.»
٤٠عیساش پێی فەرموو: «ئەی پێم نەگوتی ئەگەر
باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟»
٤١ئەوسا بەردەکەیان لابرد، عیساش چاوی هەڵبڕی
بۆ ئاسمان و فەرمووی: «باوکە، سوپاست دەکەم کە
گوێت لێ گرتم. ٤٢دەمزانی کە تۆ هەمیشە گوێم
لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە
ڕاوەستاون ئەمەم گوت، تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت
ناردووە.»
٤٣کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
«لەعازر وەرە دەرەوە!» ٤٤ئەوسا مردووەکە هاتە
دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی
بە دەسماڵێك پێچرابوو.
عیساش پێی فەرموون: «بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا.»

## پلانێك بۆ کوشتنی عیسا

٤٥لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان کە
بۆ لای مریەم هاتبوون و ئەمەیان بینی کە عیسا
کردی، باوەڕیان پێی هێنا. ٤٦بەڵام هەندێکیان
چوونە لای فەریسییەکان و ئەوەی عیسا کردبووی
پێیان ڕاگەیاندن. ٤٧لەبەر ئەوە کاهینانی باڵا و
فەریسییەکان سەنهەدرینیان[a] کۆکردەوە.
گوتیان: «چی بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە پەرجووی
زۆر دەکات. ٤٨ئەگەر بەم شێوەیە لێیگەڕێین هەموو
خەڵکەکە باوەڕی پێ دەهێنن، ڕۆمانییەکانیش دێن،
پەرستگاکەمان دەڕووخێنن و نەتەوەکەمان ڕاپێچ
دەکەن.»
٤٩یەکێك لەوان، بە ناوی قەیافا، ئەو ساڵە سەرۆك
کاهین بوو، پێی گوتن: «ئێوە هیچ نازانن، ٥٠تێناگەن،
باشترە بۆتان کە پیاوێك لە جیاتی گەل[b] بمرێت،
لەوەی کە گەل هەمووی لەناوبچێت.»
٥١ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەگوت، بەڵکو لەو
ساڵەدا سەرۆك کاهین بوو، پێشبینیی کرد کە عیسا
خەریکە لە جیاتی گەل دەمرێت، ٥٢نەك تەنها لە
جیاتی ئەو گەلە، بەڵکو تاکو ڕۆڵەکانی خودا کە
پەرتەوازە بوون کۆبکاتەوە و یەکیانبخاتەوە. ٥٣ئیتر
لەو ڕۆژەوە پیلانی کوشتنیان دارِشت.
٥٤لەبەر ئەوە چیتر عیسا بە ئاشکرا بەناو خەڵکی
یەهودیادا نەدەگەڕا، بەڵکو لەوێوە چووە ناوچەکانی
نزیك چۆڵەوانی، بۆ شارێك ناوی ئەفرایم بوو، لەگەڵ
قوتابییەکانی لەوێ مایەوە.
٥٥لەو کاتەدا جەژنی پەسخەی جولەکەکان نزیك
بوو، زۆر کەس لە گوندەکانەوە پێش جەژن بۆ
ئۆرشەلیم هاتبوون تاکو خۆیان پاك بکەنەوە[c]. ٥٦جا
داوای عیسایان دەکرد، لە حەوشەکانی پەرستگا
ڕاوەستابوون بە یەکتریان دەگوت: «ڕاتان چییە؟ ئایا

[a] ٤٧ سەنهەدرین: ئەنجومەنی باڵای جولەکە.
[b] ٥٠ بێتە کەفارەتی گوناهەکانی گەلی جولەکە.
[c] ٥٥ بڕوانە سەرژمێری ٩:١-١٤

بۆ جەژن نایەت؟» ٥٧ کاهینانی باڵا و فەریسییەکانیش
فەرمانیان دەرکردبوو ئەگەر یەکێك بزانێت ئەو
لەکوێیە، دەبێت ئاشکرای بکات، تاکو بیگرن.

## چەورکردنی عیسا بۆ مردن

١٢ شەش ڕۆژ پێش جەژنی پەسخە عیسا هاتە
بێت‌عەنیا کە لەعازری لێبوو، ئەوەی عیسا
لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە. ٢ لەوێ شێوێکیان بۆ
ئامادە کرد، مەرسا خزمەتی دەکرد، لەعازریش یەکێك
بوو لەوانەی لەگەڵی پاڵیدابووەوە. ٣ مریەمیش نیو
لیتر بۆنی ناردینی بێگەردی گرانبەهای هێنا و پێی
عیسای چەورکرد، ئینجا بە قژی پێیەکانی عیسای
سڕییەوە و ماڵەکەش پڕبوو لە بۆنی خۆش.
٤ یەهوزای ئەسخەریوتی کە یەکێك بوو لە
قوتابییەکانی و بەتەمابوو بە گرتنی بدات، گوتی:
٥ «بۆچی ئەم بۆنە بە سێ سەد دینار نەفرۆشرا و
نەدرا بە هەژاران؟» ٦ ئەمەی گوت نەك لەبەر ئەوەی
خەمی هەژاران دەخوات، بەڵکو لەبەر ئەوەی
دز بوو و سندوقی پارەشی لەلا بوو، هەرچی تێدا
دابنرابووایە دەیبرد.
٧ عیساش فەرمووی: «وازی لێ بهێنن، بۆ ڕۆژی
ناشتنم هەڵیگرتبوو، ٨ چونکە هەژاران هەمیشە
لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم.»
٩ کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان زانییان عیسا
لەوێیە، هاتن، نەك تەنها لەبەر عیسا، بەڵکو بۆ بینینی
لەعازریش کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە. ١٠ ئەوسا
کاهینانی باڵا تەگبیریان کرد لەعازریش بکوژن،
١١ چونکە ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان بەهۆی
ئەوەوە دەڕۆیشتن و باوەڕیان بە عیسا دەهێنا.

## کەژاوەی پاشایانە

١٢ بۆ بەیانی ئەو ئاپۆرەیە لە خەڵك کە هاتبوون بۆ
جەژن، بیستیان کە عیسا دێت بۆ ئۆرشەلیم. ١٣ لقە دار
خورمایان برد و بەرەوپیری چوون، هاواریان دەکرد:

«هۆشانا![a] ﴿پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە
دێت!﴾[b]»
«پیرۆزە پاشای ئیسرائیل!»

١٤ عیسا جاشکێکی بینی، سواری بوو، وەك نووسراوە:

١٥ ﴿ئەی شاری سییۆن[c] مەترسە،
ئەوەتا پاشاکەت دێت
بە سواری جاشی ماکەرێك.﴾[d]

١٦ سەرەتا قوتابییەکانی لەمانە تێنەگەیشتن. بەڵام
پاش ئەوەی عیسا شکۆدار کرا[e]، بیریان کەوتەوە کە
ئەمانە دەربارەی ئەو نووسراوە، ئەوانیش ئەمانەیان
بۆ ئەو کرد.
١٧ هەروەها ئەو خەڵکەش کە لەگەڵی بوون کاتێك
لەعازری لەناو گۆڕەکەوە بانگکرد و لەنێو مردوواندا
هەڵیستاندەوە، شایەتییان بۆی دەدا. ١٨ لەبەر ئەوە
بوو خەڵکەکە چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی پێشوازیی
لێ بکەن، چونکە بیستیان ئەو پەرجووەی کردووە.
١٩ فەریسییەکانیش بە یەکتریان گوت: «دەبینن ئێوە
هیچتان لە دەست نایەت؟ ئەوەتا هەموو جیهان
دوای کەوتووە!»

## مردن دەرگایە بۆ ژیان

٢٠ هەندێك یۆنانی[f] لەنێو ئەوانە بوون کە هاتبوون
لە جەژندا خواپەرستی بکەن، ٢١ ئەمان هاتنە لای
فیلیپۆسی خەڵکی بێت‌سەیدای جەلیل، پێیان گوت:
«گەورەم، دەمانەوێت عیسا ببینین.» ٢٢ فیلیپۆسیش
هات و بە ئەندراوسی گوت، ئینجا ئەندراوس و
فلیپۆس هاتن و بە عیسایان گوت.
٢٣ عیساش وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «کاتی
شکۆدارکردنی کوڕی مرۆڤ هاتووە. ٢٤ ڕاستی

[a] ١٣ بڕوانە مەتا ٩:٢١.
[b] ١٣ زەبوورەکان ٢٦،٢٥:١١٨.
[c] ١٥ مەبەست لە خەڵکی ئۆرشەلیمە.
[d] ١٥ زەکەریا ٩:٩
[e] ١٦ مەبەستی لە لەخاچدان و هەستانەوەی عیسایە.
[f] ٢٠ مەبەستی ئەوانەیە کە جولەکە نین.

ڕاستیتان پێ دەڵێم، دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە
ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە
مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات. [٢٥]ئەوەی ژیانی
خۆی خۆشدەوێت دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لەم
جیهانەدا ڕقی لە ژیانی خۆی دەبێتەوە، ئەوا بۆ
هەتاهەتاییە ژیانی دەپارێزێت. [٢٦]ئەوەی خزمەتم
دەکات با بەدوام بکەوێت. ئیتر من لە هەر شوێنێك
بم، خزمەتکاریشم لەوێیە. ئەگەر یەکێك خزمەتم
بکات باوکم ڕێزی لێ دەگرێت.»

## عیسا باسی مردنی خۆی دەکات

[٢٧]«ئێستا خەمبارم، چی بڵێم؟ ”باوکە لەم کاتە[a]
ڕزگارم بکە“؟ نەخێر بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم.
[٢٨]ئەی باوك، ناوت شکۆدار بکە!»
جا دەنگێك لە ئاسمانەوە هات: «شکۆدارم کردووە
و شکۆداریشی دەکەمەوە.» [٢٩]ئەو خەڵکەی لەوێ
ئامادەبوون گوێیان لێبوو، گوتیان: «هەورەتریشقە
بوو!» هەندێکی دیکەیان گوتیان: «فریشتەیەك بوو
قسەی لەگەڵ کرد.»
[٣٠]عیسا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «ئەو دەنگەی
هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو. [٣١]ئێستا کاتی
حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە
دەردەکرێت. [٣٢]کاتێك منیش لە زەوییەوە بەرز
دەکرێمەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم.»
[٣٣]ئەمەی گوت ئاماژەی کرد بەو شێوە مردنەی کە
دەبێت بمرێت.
[٣٤]خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: «لە تەوراتدا
بیستوومانە کە مەسیح هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، ئیتر
چۆن دەڵێی ”کوڕی مرۆڤ دەبێت بەرز بکرێتەوە“؟
ئەم کوڕی مرۆڤە کێیە؟»
[٣٥]عیساش پێی فەرموون: «ڕووناکییەکەتان بۆ
کاتێکی کورت لەسەر دەمێنێتەوە. بڕۆن هەتا
ڕووناکیتان لەگەڵە، نەوەك تاریکیتان بەسەردا
بێت، چونکە ئەوەی بە تاریکیدا دەڕوات نازانێ
بۆ کوێ دەڕوات. [٣٦]باوەڕ بە ڕووناکییەکە بهێنن

[a] ٢٧ کاتی ئازاری لەخاچدان.

هەتا ڕووناکییەکەتان لەگەڵدایە، تاکو ببنە ڕۆڵەی
ڕووناکییەکە.» عیسا ئەمانەی فەرموو، ڕۆیشت و
خۆی لێیان شاردەوە.
[٣٧]هەرچەندە زۆر پەرجووی لەبەردەمیان کرد،
بەڵام باوەڕیان پێ نەهێنا، [٣٨]تاکو وتەی ئیشایا
پێغەمبەر بێتە دی کە گوتی:

﴿ئەی یەزدان، کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟
هێزی یەزدان بۆ کێ دەرکەوت؟﴾[b]

[٣٩]لەبەر ئەوە نەیانتوانی باوەڕ بهێنن، چونکە
ئیشایا لە شوێنێکی دیکە گوتی:

[٤٠]﴿چاویانی کوێر و دڵیانی ڕەقکردووە،
بۆ ئەوەی بە چاویان نەبینن و بە دڵیان
تێنەگەن،
نەوەك بگەڕێنەوە و منیش چاکیان
بکەمەوە.﴾[c]

[٤١]ئیشایا ئەمانەی گوت، چونکە شکۆی ئەوی بینی و
باسی کرد.
[٤٢]هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرەکانیش
باوەڕیان پێی هێنا، بەڵام لەبەر فەریسییەکان
ڕایاننەدەگەیاند نەوەك لە کەنیشت دەربکرێن،
[٤٣]چونکە شکۆی خەڵکیان لە شکۆی خودا زیاتر
خۆشدەویست.

## ڕووناکی باوەڕ

[٤٤]عیساش هاواری کرد و فەرمووی: «ئەوەی باوەڕم
پێ بهێنێت، باوەڕ بە من ناهێنێت، بەڵکو بەوەی
ناردوومی، [٤٥]ئەوەش کە دەمبینێت، ئەوە دەبینێت
کە ناردوومی. [٤٦]من وەك ڕووناکی هاتوومەتە جیهان،
تاکو هەرکەسێك باوەڕم پێ بهێنێت لە تاریکیدا
نەمێنێتەوە.
[٤٧]«ئەگەر یەکێك گوێی لە وتەکانم بوو و کاری
پێ نەکرد، من حوکمی نادەم، چونکە نەهاتووم تاکو

[b] ٣٨ ئیشایا ١:٥٣
[c] ٤٠ ئیشایا ١٠:٦

جیهان حوکم بدەم، بەڵکو جیهان ڕزگار بکەم. [٤٨]ئەوەی ڕەتم بکاتەوە و وتەکانم وەرنەگرێت، یەکێك هەیە حوکمی بدات، ئەو قسەیەی کە من کردم لە ڕۆژی دواییدا حوکمی دەدات. [٤٩]من لە خۆمەوە قسەم نەکردووە، بەڵکو ئەو باوکە کە ناردوومی ڕایسپاردووم کە چی بڵێم و چ قسەیەك بکەم. [٥٠]دەزانم ڕاسپاردەی ئەو ژیانی هەتاهەتاییە، جا هەرچی دەیڵێم، چۆن باوك پێی فەرمووم ئاوا دەڵێم.»

## عیسا پێی قوتابییەکانی دەشوات

١٣ پێش جەژنی پەسخە، عیسا دەیزانی کاتی هاتووە ئەم جیهانە بەجێبهێڵێت و بۆ لای باوك بگەڕێتەوە، جا ئەوانەی هی خۆی بوون لە جیهاندا خۆشی دەویستن، تاکو ئەوپەڕی خۆشویستن.

[٢]ژەمی ئێوارە بوو، شەیتان خستبوویە دڵی یەهوزای ئەسخەریوتی کوڕی شیمۆن، کە عیسا بەدەستەوە بدات. [٣]عیساش دەیزانی باوك هەموو شتێکی خستووەتە ژێر دەستی، لە خوداوە هاتووە و بۆ خوداش دەگەڕێتەوە. [٤]لەسەر خوان هەستا، کەواکەی داکەند و خاولییەکی هەڵگرت و لە ناوقەدی بەست. [٥]پاشان عیسا ئاوی کردە ناو لەگەنێك و دەستی بە شوشتنی پێی قوتابییەکان کرد و بەو خاولییەی کە بە ناوقەدیەوە بەستبووی پێیانی دەیسڕییەوە.

[٦]کاتێك گەیشتە سەر شیمۆن پەترۆس، شیمۆن پێی گوت: «گەورەم تۆ پێی من دەشۆیت؟»

[٧]عیسا لە وەڵامدا پێی فەرموو: «ئێستا ئەمەی دەیکەم تێیناگەیت، بەڵام دواتر تێیدەگەیت.»

[٨]پەترۆس پێی گوت: «هەرگیز پێم ناشۆیت.»

عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەگەر پێت نەشۆم، لەگەڵ من بەشت نابێت.»

[٩]جا شیمۆن پەترۆس پێی گوت: «گەورەم، تەنها پێم نا، بەڵکو دەست و سەریشم!»

[١٠]عیساش پێی فەرموو: «ئەوەی خۆی شوشتبێت تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، تەواوی جەستەی پاکە. ئێوەش پاکن بەڵام هەمووتان نا.» [١١]عیسا فەرمووی: «هەمووتان پاك نین،» چونکە دەیزانی کێ بە گرتنی دەدات.

[١٢]پاش شوشتنی پێیان کەواکەی هەڵگرت و دانیشتەوە، لێی پرسین: «ئایا لەوە تێگەیشتن کە بۆم کردن؟ [١٣]ئێوە بە ”مامۆستا“ و ”گەورە“ بانگم دەکەن و ڕاست دەکەن، چونکە من وام. [١٤]جا کە من گەورە و مامۆستاتانم و پێم شوشتن، ئێوەش لەسەرتانە پێی یەکتری بشۆن. [١٥]من نموونەیەکم پێدان تاکو ئەوەی بۆم کردن ئێوەش بیکەن. [١٦]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کۆیلە لە گەورەکەی گەورەتر نییە، نێردراویش لەوەی ناردوویەتی گەورەتر نییە. [١٧]ئەگەر ئەمانەتان زانی، خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە ئەگەر پەیڕەوتان کرد.

[١٨]«باسی هەمووتان ناکەم. ئەوانەی هەڵمبژاردوون دەیانناسم، بەڵام تاکو ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکە هاتووە بێتە دی: ﴿ئەوەی نمەکی کردووم، ناپاکی لەگەڵم کرد[a].﴾[b]

[١٩]«لە ئێستاوە پێتان دەڵێم پێش ئەوەی ڕووبدات، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ بکەن کە من ئەوم[c]. [٢٠]ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی پێشوازی لەوە بکات کە دەینێرم، ئەوا پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی.»

## ناپاکی یەهوزا

[٢١]کاتێك عیسا ئەمانەی فەرموو، ڕۆحی خەمبار بوو و شایەتی دا: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: یەکێکتان بە گرتنم دەدات.»

[٢٢]قوتابییەکان سەیری یەکتریان دەکرد و دڵنیا نەبوون مەبەستی لە کێیە. [٢٣]یەکێك لە قوتابییەکان کە عیسا خۆشی دەویست لەتەنیشتی پاڵیدابووەوە، [٢٤]شیمۆن پەترۆس ئاماژەی بۆ کرد تاکو پرسیار لە عیسا بکات کە مەبەستی لە کێیە.

[a] ١٨ یۆنانی: گۆزینگی لێ بەرز کردمەوە.
[b] ١٨ زەبوورەکان ٩:٤١.
[c] ١٩ مەبەستی لە مەسیحە.

[٢٥]ئەویش شانی دا بەسەر سنگی عیسادا و پێی
گوت: «گەورەم، کێیە؟»
[٢٦]عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەو کەسەیە کە ئەم
پارووە نانە لە قاپەکە هەڵدەکێشم و دەیدەمێ.»
ئینجا پارووەکەی لە قاپەکە هەڵکێشا و دای بە
یەهوزای کوڕی شیمۆنی ئەسخەریوتی. [٢٧]هەر کە
پارووەکەی وەرگرت، شەیتان چووە ناویەوە.
عیساش پێی فەرموو: «ئەوەی بەتەمای بیکەیت،
خێرا بیکە.» [٢٨]هیچ کەسێك لەوانەی لەسەر خوانەکە
لەگەڵی دانیشتبوون تێنەگەیشتن بۆچی عیسا
ئەمەی پێ فەرموو. [٢٩]هەندێکیان وایانزانی عیسا پێی
دەفەرموێ کە چییان پێویستە بۆ جەژن بیکڕێت،
یان شتێك بداتە هەژاران، چونکە سندوقی پارەش
لەلای یەهوزا بوو. [٣٠]ئەویش کە پارووەکەی وەرگرت
یەکسەر چووە دەرەوە. ئەو کاتە شەو بوو.

## ڕاسپاردەی نوێ

[٣١]کاتێك چووە دەرەوە، عیسا فەرمووی: «ئێستا
کوڕی مرۆڤ شکۆدار کرا و خوداش تێیدا شکۆدار
کرا. [٣٢]جا ئەگەر خودا تێیدا شکۆدار کرا، خوداش
کوڕەکە لە خۆیدا شکۆدار دەکات، دەستبەجێ
شکۆداری دەکات.
[٣٣]«ڕۆڵەکانم، ماوەیەکی کورت لەگەڵتاندا
دەبم. جا بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام وەك چۆن بە
جولەکەکانم گوت، ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ئێوە
ناتوانن بێنە ئەو شوێنەی کە من بۆی دەچم.
[٣٤]«من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان
خۆشبوێ. وەك خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە
یەکتریتان خۆشبوێ. [٣٥]بەمە هەموو خەڵك دەزانن
کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری
هەبێت.»

## پێشبینیکردنی نکۆڵی پەترۆس

[٣٦]شیمۆن پەترۆسیش لێی پرسی: «گەورەم، بۆ
کوێ دەچیت؟»
عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەو شوێنەی بۆی
دەچم، ئێستا ناتوانیت دوامبکەویت، بەڵام دواتر
دوام دەکەویت.»
[٣٧]دیسان پەترۆس لێی پرسی: «گەورەم، بۆچی
ئێستا ناتوانم دواتبکەوم؟ ژیانم بۆ تۆ دادەنێم.»
[٣٨]عیسا وەڵامی دایەوە: «ژیانت بۆ من دادەنێیت؟
ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: پێش خوێندنی کەڵەشێر،
تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت!

## ماڵی باوکم

١٤ «نیگەران مەبن. پشت بە خودا ببەستن[a]،
پشت بە منیش ببەستن. [٢]ماڵی باوکم ژووری
زۆری لێیە، ئەگەر ئاوا نەبووایە پێم دەگوتن. من دەچم
تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. [٣]جا کە ڕۆیشتم و شوێنم
بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو
ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. [٤]ئێوەش
ڕێگای ئەو شوێنە دەزانن کە بۆی دەچم.»

## من ڕێگا و ڕاستی و ژیانم

[٥]تۆماس پێی گوت: «گەورەم، نازانین بۆ کوێ
دەچیت، چۆن ڕێگاکە بزانین؟»
[٦]عیساش پێی فەرموو: «منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان.
کەس نایەتە لای باوك لە ڕێگەی منەوە نەبێت.
[٧]ئەگەر ئێوە منتان بناسیایە، باوکیشمتان دەناسی. لە
ئێستاوە دەیناسن و بینیوتانە.»
[٨]فیلیپۆس پێی گوت: «گەورەم، باوکمان پیشان
بدە و بەسمانە.»
[٩]عیساش پێی فەرموو: «فیلیپۆس، ئایا ماوەیەکی
درێژە لەگەڵتانم و نەتناسیوم؟ ئەوەی منی بینیوە
باوکی بینیوە. ئیتر چۆن دەڵێی: "باوکمان نیشان
بدە"؟ [١٠]ئایا باوەڕ ناکەی من لە باوکدام و باوکیش
لە مندایە؟ ئەو قسانەی پێتانی دەڵێم لە خۆمەوە
نایڵێم، بەڵکو باوك کە لە مندا نیشتەجێیە، ئەو
کارەکانی خۆی دەکات. [١١]باوەڕم پێ بکەن کە من
لە باوکدام و باوکیش لە مندایە، ئەگەر نا بەهۆی

[a] ١ ئەم دەربڕینە لە یۆنانیدا دوو واتە دەبەخشێت. لەمە نزیکترە کە دانراوە، بەم واتایەش دێت: (باوەڕ بە خودا بکەن.)

کارەکان خۆیانەوە باوەڕ بکەن. ١٢ڕاستی ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەو کارانە دەکات
کە من دەیکەم، لەمانەش گەورەتر[a] دەکات، چونکە
بۆ لای باوك دەچم. ١٣هەرچییەك بە ناوی منەوە داوا
بکەن دەیکەم، تاکو باوك لە کوڕەکەدا شکۆدار بێت.
١٤ئەگەر شتێکتان بە ناوی منەوە داوا کرد، دەیکەم.

## بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز

١٥«ئەگەر منتان خۆشبوێ کار بە ڕاسپاردەکانم
دەکەن. ١٦منیش داوا لە باوك دەکەم یارمەتیدەرێکی[b]
دیکەتان[c] بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە،
١٧ڕۆحی ڕاستی، کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت،
چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن،
چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدا دەبێت.
١٨بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵیم، دێمەوە لاتان. ١٩پاش
ماوەیەکی کەم ئیتر جیهان نامبینێت، بەڵام ئێوە
دەمبینن. لەبەر ئەوەی زیندووم و ئێوەش دەژین.
٢٠لەو ڕۆژەدا دەزانن من لە باوکمدام، ئێوەش لە
مندان، منیش لە ئێوەدام. ٢١ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی
لەلایە و کاریان پێ دەکات، ئەوا منی خۆشدەوێت.
ئەوەی منی خۆشبوێ، باوکیشمی خۆشدەوێت،
منیش خۆشمدەوێت و خۆمی بۆ دەردەخەم.»
٢٢ئینجا یەهوزایەکی دیکە کە یەهوزای
ئەسخەریوتی نەبوو لێی پرسی: «گەورەم، بۆچی
دەتەوێ خۆت بۆ ئێمە دەربخەیت، بەڵام بۆ جیهان
نا؟»
٢٣عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەوەی منی خۆشبوێ
کار بە وتەکانم دەکات، باوکیشم خۆشی دەوێت و
من و باوك دێینە لای و لەلای ئەویش نیشتەجێ
دەبین. ٢٤ئەوەش کە منی خۆشناوێت کار بە وتەکانم
ناکات. ئەم وتانەی گوێتان لێی دەبێت هی من نییە،
بەڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی.
٢٥«ئەمانەم پێ گوتن کە هێشتا لەلاتانم. ٢٦بەڵام
یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوك بە ناوی
منەوە دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و
هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوە[d].

## ئاشتی عیسا

٢٧«ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان
دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەك ئەوە نییە
کە جیهان دەتانداتێ. نیگەران مەبن و مەترسن.
٢٨گوێتان لێبوو پێم گوتن: "دەڕۆم و دێمەوە لاتان."
ئەگەر منتان خۆشبوێ، دڵشاد دەبن کە دەچمە لای
باوك، چونکە باوك لە من مەزنترە. ٢٩ئەوەتا ئێستا
پێش ڕوودانی پێم گوتن، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ
بهێنن. ٣٠لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵ ناکەم، چونکە
سەرۆکی ئەم جیهانە[e] وا دێت. هیچ دەسەڵاتێکی
بەسەر مندا نییە، ٣١بەڵام ئەو دێت تاکو جیهان
بزانێت باوکم خۆشدەوێت و بەو شێوەیە کار دەکەم
کە باوك ڕایسپاردووم.
«هەستن با لێرە بڕۆین.

## من مێوی ڕاستەقینەم

١٥ «منم مێوی ڕاستەقینە، باوکیشم
ڕەزەوانەکەیە. ٢هەر لقێك لە مندا بەر
نەگرێت لێی دەکاتەوە. هەر لقێکیش بەر بگرێت
پاکی دەکاتەوە تاکو بەرهەمی زیاتر بدات. ٣ئێوە
ئێستا بەهۆی ئەو قسەیەی بۆم کردن پاکن. ٤بە
منەوە پەیوەست بن و منیش بە ئێوەوە. چۆن
لق بەتەنها ناتوانێت بەرهەم بدات ئەگەر بە دار
مێوەکەوە پەیوەست نەبێت، ئێوەش ئاوان، ئەگەر بە
منەوە پەیوەست نەبن.
٥«منم مێوەکە و ئێوەش لقەکانن. ئەوەی بە

[a] ١٢ بە واتای لە ژمارە بەدەر و بێ سنووری جوگرافی.
[b] ١٦ لە زمانی یۆنانی بە واتای ئەوەی بانگکراو دێتە تەنیشتت بۆ یارمەتیدانت، مەبەستی لە ڕۆحی پیرۆزە کە شوێنی مەسیح دەگرێتەوە لە یارمەتیدانمان.
[c] ١٦ بە زمانی یۆنانی بە واتای (دیکە) لە هەمان جۆر دێت.
[d] ٢٦ بەڵێنێکی تایبەتە بۆ ئەوانەی گوێیان لە وتەکانی مەسیح بووە بە هاتنی سروش بۆ نووسینەوەی ئینجیلی پیرۆز.
[e] ٣٠ شەیتان.

منەوە پەیوەست بێت و منیش بەوەوە، ئەوا
بەرهەمی زۆر دەگرێت، چونکە بەبێ من ناتوانن
هیچ شتێك بکەن. [٦]ئەوەی بە منەوە پەیوەست
نەبێت وەك لق فڕێدەدرێتە دەرەوە، وشك دەبێت
و کۆدەکرێتەوە، فڕێدەدرێتە ناو ئاگر و دەسووتێت.
[٧]ئەگەر بە منەوە پەیوەست بن و وتەکانم لە ناختان
بچەسپێت، هەرچییەکتان دەوێ داوای بکەن بۆتان
دەبێت. [٨]باوکم بەمە شکۆدار دەبێت، کە بەرهەمی
زۆر بهێنن، بەم شێوەیە دەبنە قوتابی من.

[٩]«هەروەك چۆن باوك منی خۆشویستووە، ئاوا
ئێوەم خۆشویستووە، جا بە خۆشەویستییەکەمەوە
پەیوەست بن. [١٠]ئەگەر ئێوە کار بە ڕاسپاردەکانم
دەکەن، بە خۆشەویستییەکەمەوە پەیوەست دەبن،
هەروەك من کارم بە ڕاسپاردەکانی باوکم کردووە
و بە خۆشەویستییەکەیەوە پەیوەست دەبم. [١١]ئەم
شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشی منتان تێدابێت و
خۆشیتان پڕ و تەواو بێت. [١٢]ڕاسپاردەی من ئەمەیە:
یەکتریتان خۆشبوێ وەك خۆشمویستن. [١٣]کەس
خۆشەویستی لەمە گەورەتری نییە کە یەکێك
ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت. [١٤]ئێوە دۆستی
منن، ئەگەر کار بەوە بکەن کە ڕاتاندەسپێرم.
[١٥]ئیتر بە کۆیلە ناوتان نابەم، چونکە کۆیلە نازانێت
گەورەکەی چی دەکات. بەڵام ناوی دۆستم لێنان
چونکە هەرچییەکم لە باوکمەوە بیستبوو پێم
ڕاگەیاندن. [١٦]ئێوە منتان هەڵنەبژارد، بەڵکو من
ئێوەم هەڵبژارد، نیشانم کردن تاکو بڕۆن بەرهەم
بهێنن و بەرهەمەکەتان بمێنێت، تاکو هەرچییەك
بە ناوی منەوە داوا بکەن باوك بتانداتێ. [١٧]بەمانە
ڕاتاندەسپێرم تاکو یەکتریتان خۆشبوێ.

## ڕقی جیهان

[١٨]«ئەگەر جیهان ڕقی لێتان دەبێتەوە، ئەوە بزانن
پێش ئێوە ڕقی لە من بووەتەوە. [١٩]ئەگەر ئێوە هی
جیهان بوونایە، ئەوا جیهان وەکو هی خۆی خۆشی
دەویستن. ئێستا ئێوە هی جیهان نین بەڵام من
لە جیهان هەڵمبژاردوون، لەبەر ئەوە جیهان ڕقی
لێتانە. [٢٠]بیهێننەوە بیرتان چیم پێ گوتن: ”کۆیلە
لە گەورەکەی گەورەتر نییە.“[a] ئەگەر منیان
چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە. ئەگەر
وشەی منیان پاراستووە، هی ئێوەش دەپارێزن. [٢١]بەڵام
هەموو ئەمانەتان لەبەر ناوی من پێ دەکەن، چونکە
ئەوەی ناردوومی ئەوان نایناسن. [٢٢]ئەگەر نەهاتمایە
و قسەم بۆ نەکردنایە، گوناهیان نەدەبوو، بەڵام
ئێستا بیانوویان نییە بۆ گوناهەکەیان[b]. [٢٣]ئەوەی ڕقی
لە من بێتەوە، ڕقی لە باوکیشمە. [٢٤]ئەگەر لەنێوانیاندا
ئەو کارانەم نەکردبووایە کە کەسی دیکە نەیکردووە،
گوناهیان نەدەبوو. بەڵام ئێستا بینییان و ڕقیان لە
من و لە باوکم بووەتەوە. [٢٥]بەڵام ئەمە ڕوویدا تاکو
ئەو وتەیە بێتە دی کە لە تەوراتەکەیاندا نووسراوە:
﴿بەبێ هۆ ڕقیان لێم بووەوە.﴾[c]

[٢٦]«جا کاتێك یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن
باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە
باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات.
[٢٧]ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە
لەگەڵ منن.

## کاری ڕۆحی پیرۆز

١٦ «ئەم شتانەم پێ گوتن، تاکو بێ ئومێد نەبن.
[٢]لە کەنیشتەکان دەردەکرێن، لەڕاستیدا
کاتێك دێت ئەوەی دەتانکوژێت وادەزانێت خزمەتی
خودا دەکات. [٣]ئەمانەش دەکەن چونکە نە باوکەیان
ناسیوە و نە من. [٤]بەڵام ئەمانەم پێ گوتن، تاکو
ئەگەر کاتیان هات بیرتان بکەوێتەوە کە من پێم
گوتوون. لە سەرەتادا ئەمانەم پێ نەگوتن، چونکە
لەگەڵتان بووم.

[٥]«ئێستا دەچمە لای ئەوەی ناردوومی و کەستان
لێم ناپرسێت: ”بۆ کوێ دەچیت؟“ [٦]کەچی دڵگرانن
بەوەی کە ئەمەم پێ گوتن. [٧]بەڵام ڕاستیتان پێ
دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم،

---

[a] ٢٠ یۆحەنا ١٦:١٣
[b] ٢٢ مەبەستی لە گوناهی ڕەتکردنەوەی عیسایە وەك مەسیح.
[c] ٢٥ زەبوورەکان ١٩:٣٥؛ ٤:٦٩

یارمەتیدەرەکەتان[a] بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم
بۆتانی دەنێرم. ٨کاتێك ئەو دێت، دەیسەلمێنێت کە
جیهان بە هەڵە تێگەیشتوون لە گوناه و دادپەروەری
و حوکمدان: ٩لەسەر گوناه، چونکە باوەڕم پێ
ناهێنن؛ ١٠لەسەر ڕاستودروستی[b]، چونکە دەچمە لای
باوك و ئیتر نامبینن؛ ١١لەسەر حوکمدانیش، چونکە
گەورەی ئەم جیهانە حوکم دراوە.
١٢«هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم، بەڵام
ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن. ١٣بەڵام کاتێك ئەو دێت،
کە ڕۆحی ڕاستییە، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان
دەکات، چونکە لە خۆیەوە هیچ ناڵێت، بەڵکو ئەوەی
گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕایدەگەیەنێت چی
ڕوودەدات. ١٤ئەو شکۆدارم دەکات، چونکە ئەوەتان
پێ ڕادەگەیەنێت[c] کە لە منەوە وەریدەگرێت.
١٥هەموو ئەوەی کە هی باوکە، هی منیشە. لەبەر
ئەوە گوتم، ڕۆحی پیرۆز لە هی من وەردەگرێت و
پێتانی ڕادەگەیەنێت.
١٦«پاش کەمێك نامبینن، ئینجا پاش کەمێك دیسان
دەمبینن.»

## هاتنی خۆشی دوای ناخۆشی

١٧هەندێك لە قوتابییەکانی بە یەکتریان گوت:
«ئەمە چییە کە پێمان دەفەرموێ: ”پاش کەمێك ئیتر
نامبینن، پاش کەمێکیش دەمبینن“ و ”چونکە دەچمە
لای باوك“؟» ١٨گوتیان: «ئەم ”کەم“ـەیە چییە کە
باسی دەکات؟ نازانین چی دەفەرموێ!»
١٩عیسا زانی کە دەیانویست پرسیاری لێ بکەن،
ئینجا پێی فەرموون: «ئایا لەبەر ئەمە پرسیار لە
یەکتری دەکەن کە گوتم: ”پاش کەمێك ئیتر نامبینن،
پاش کەمێکیش دەمبینن“؟ ٢٠ڕاستی ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئێوە دەگریێن و شیوەن دەکەن، بەڵام جیهان
دڵشاد دەبێ. خەمبار دەبن، بەڵام خەمباریەکەتان
دەبێتە شادی. ٢١کاتێك ژن منداڵی دەبێت خەم
دایدەگرێت، چونکە کاتی هاتووە. بەڵام کە
منداڵەکەی بوو، لە خۆشی ئەوەی مرۆڤێك لە جیهان
لەدایك بووە، ژانەکانی لەبیر دەکات. ٢٢ئێوەش
ئێستا خەمتان هەیە، بەڵام دەتانبینمەوە و دڵشاد
دەبن، کەسیش ئەو خۆشییەتان لێ ناستێنێ. ٢٣لەو
ڕۆژەدا پرسیاری هیچم لێ ناکەن. ڕاستی ڕاستیتان
پێ دەڵێم: بە ناوی منەوە هەرچییەك لە باوك
داوا بکەن دەتانداتێ. ٢٤هەتا ئێستا بە ناوی منەوە
هیچتان داوا نەکردووە. داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو
خۆشییەکەتان تەواو بێت.
٢٥«ئەم شتانەم بە پەند بۆ باسکردن، بەڵام کاتێك
دێت ئیتر بە پەند بۆتان نادوێم، بەڵکو بە ئاشکرا باسی
باوکتان بۆ دەکەم. ٢٦لەو ڕۆژەدا بە ناوی منەوە داوا
دەکەن. ئیتر پێتان ناڵێم لەلای باوك بۆتان داوا دەکەم،
٢٧چونکە باوك خۆی ئێوەی خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی
منتان خۆشویستووە و باوەڕتان کرد کە لە لای خوداوە
هاتووم. ٢٨لە لای باوکەوە هاتووم بۆ جیهان، ئێستاش
جیهان بەجێدەهێڵم و دەگەڕێمەوە لای باوك.»
٢٩قوتابییەکانی گوتیان: «وا ئێستا بە ڕوونی و
بەبێ پەند قسە دەکەیت. ٣٠ئێستا دڵنیاین کە تۆ
هەموو شتێك دەزانیت و پێویست ناکات کەس
پرسیارت لێ بکات. بەمەش باوەڕ دەکەین کە لە
خوداوە هاتوویت.»
٣١عیساش وەڵامی دانەوە: «ئایا ئێستا باوەڕ
دەکەن؟ ٣٢وا کاتێك دێت و ئێستاش هاتووە، کە
پەرتەوازە دەبن، هەریەکە بۆ ماڵی خۆی و بە تەنها
بەجێم دەهێڵن. بەڵام من بە تەنها نیم، چونکە باوك
لەگەڵمدایە.
٣٣«ئەمانەم پێ گوتن تاکو ئاشتیتان لە مندا
هەبێت. لە جیهاندا تووشی تەنگانە دەبن. بەڵام
ورەتان بەرز بێت، من جیهانم بەزاندووە.»

[a] ٧ مەبەستی لە ڕۆحی پیرۆزە.
[b] ١٠ بێتاوانکردنی گوناهبارێك بە خاچی مەسیح. بڕوانە ڕۆما ٣:٢١-٢٦.
[c] ١٤ ڕۆحی پیرۆز لە وشەی مەسیح وەردەگرێت و بە قوتابییەکان ڕادەگەیەنێت.

## نوێژی عیسا بۆ باوەڕداران

١٧ کە عیسا ئەمانەی فەرموو، چاوی بەرەو
ئاسمان هەڵبڕی و فەرمووی:
«باوکە، کاتەکە هاتووە. کوڕەکەت
شکۆدار بکە، تاکو کوڕەکەشت شکۆدارت
بکات. ٢هەروەك دەسەڵاتت پێداوە بەسەر
هەموو خەڵکدا، تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە
هەموو ئەوانە بدات کە پێت داون. ٣ژیانی
هەتاهەتاییش ئەوەیە کە تۆ بناسن، تەنها
خودای ڕاستەقینە و عیسای مەسیح، ئەوەی
کە ناردووتە. ٤من لەسەر زەوی شکۆدارم
کردیت بە تەواوکردنی ئەو کارەی پێت دابووم.
٥ئێستاش باوکە لەلای خۆت شکۆدارم بکە، بەو
شکۆیەی پێش بوونی جیهان لەلای تۆ هەمبوو.
٦«ناوی تۆم بەوانە ناساند کە لە جیهاندا بە
منت دان، هی تۆ بوون، خۆت بە منت دان
و کاریان بۆ وتەکانت کرد. ٧ئێستاش ئەوان
دەزانن هەرچییەکت پێم داوە لە خۆتەوەیە.
٨ئەو وشانەم پێدان کە تۆ پێت دابووم، ئەوانیش
وەریانگرت و بە ڕاستی زانییان لە تۆوە هاتووم،
باوەڕیان هێنا کە تۆ منت ناردووە. ٩بۆ ئەوان
داوا دەکەم. بۆ جیهان داوا ناکەم، بەڵکو بۆ
ئەوانەی بە منت داون، چونکە هی تۆن.
١٠هەرچییەك هی منە، هی تۆیە، هەرچییەکیش
هی تۆیە، هی منە، من لە ئەواندا شکۆدار بووم.
١١ئەمان لەجیهان دەمێننەوە، بەڵام من تێیدا
نامێنمەوە، چونکە من دەگەڕێمەوە لای تۆ.
ئەی باوکی پیرۆز، بە ناوی خۆت بیانپارێزە کە
بە منت داوە، تاکو ببنە یەك وەك ئێمە یەکین.
١٢کاتێك لەگەڵیان بووم بەو ناوەی کە تۆ بە منت
دابوو دەمپاراستن و پاسەوانیم دەکردن. کەسیان
لەناونەچوو کوڕی لەناوچوو[a] نەبێت، بۆ ئەوەی
نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی.
١٣«ئێستاش دێمە لای تۆ، بەڵام لە جیهاندا
باسی ئەمە دەکەم، تاکو شادی منیان بە تەواوی
لە خۆیاندا هەبێت. ١٤من وشەی تۆم دایە
ئەوان و جیهان ڕقی لێیان بووەوە، چونکە هی
جیهان نین، وەك منیش هی جیهان نیم. ١٥داوا
ناکەم لە جیهاندا بیانبەیتەوە، بەڵکو لە شەیتان
بیانپارێزی. ١٦ئەوان هی جیهان نین، وەك منیش
هی جیهان نیم. ١٧بە ڕاستی خۆت پیرۆزیان بکە،
وشەی تۆ ڕاستییە. ١٨وەك بۆ جیهانت ناردم،
منیش بۆ جیهانم ناردن. ١٩بۆ ئەوان خۆم پیرۆز
دەکەم، تاکو ئەوانیش لە ڕاستیدا پیرۆزکراو بن.
٢٠«تەنها بۆ ئەمان داوا ناکەم، بەڵکو بۆ
ئەوانەش کە بە قسەی ئەمانەوە باوەڕم پێ
دەهێنن، ٢١تاکو هەموو یەك بن، وەك تۆ لە
مندای و منیش لە تۆدام، ئەوانیش لە ئێمەدا
بن، باوکە، تاکو جیهان باوەڕ بهێنێت کە تۆ
منت ناردووە. ٢٢منیش ئەو شکۆیەم داونەتێ
کە تۆ بە منت داوە، تاکو ببنە یەك وەك ئێمە
یەکین. ٢٣من لەواندام و تۆ لە مندای، تاکو
بە تەواوی یەك بن، بۆ ئەوەی جیهان بزانێت
تۆ منت ناردووە و ئەوانت خۆشویستووە
هەروەك چۆن منت خۆشویستووە.
٢٤«باوکە، دەمەوێت ئەوانەی کە بە
منت داون لەکوێ بم لەگەڵم بن، تاکو
شکۆمەندییەکەم ببینن کە بە منت داوە، چونکە
پێش دامەزراندنی جیهان منت خۆشویست.
٢٥«ئەی باوکی ڕاستودروست، جیهان تۆ
ناناسێت، بەڵام من تۆ دەناسم، ئەوانیش دەزانن
تۆ منت ناردووە. ٢٦ناوی تۆم پێ ناساندن و پێیان
دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ منت
هەیە لەوانیشدا بێت و منیش لەواندا بم.»

## گرتنی عیسا

١٨ عیسا ئەمانەی فەرموو و لەگەڵ قوتابییەکانی
بەڕێکەوتن بۆ ئەوبەری دۆڵی قدرۆن کە
باخچەیەکی لێبوو، خۆی و قوتابییەکانی چوونە ناوی.
٢یەهوزاش ئەوەی بە گرتنی دا، شوێنەکەی

[a] ١٢ مەبەست لە یەهوزای ئەسخەریوتییە کە لەناوچوو.

دەزانی، چونکە عیسا زۆر جار لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ کۆدەبووەوە. [٣]ئینجا یەهوزا تیپێك سەرباز و خزمەتکارانی کاهینانی باڵا و فەریسییەکانی برد، بە مەشخەڵ و چرا و چەکەوە هاتە ئەوێ.

[٤]عیساش هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەری دەهات، چوو و پێی فەرموون: «کێتان دەوێت؟»

[٥]وەڵامیان دایەوە: «عیسای ناسیرەیی».

عیسا پێی فەرموون: «من ئەوم». یەهوزاش ئەوەی بە گرتنی دا لەگەڵیان ڕاوەستابوو. [٦]کاتێك عیسا پێی فەرموون: «من ئەوم،» گەڕانەوە دواوە و کەوتنە سەر زەوی.

[٧]لێی پرسینەوە: «کێتان دەوێت؟»

گوتیان: «عیسای ناسیرەیی.»

[٨]عیسا وەڵامی دایەوە: «پێم گوتن من ئەوم. ئەگەر بەدوای مندا دەگەڕێن، با ئەمانە بڕۆن.» [٩]بۆ هاتنەدی ئەو قسەیەی کە فەرمووی: «ئەوانەی پێت دابووم کەسیانم ون نەکرد.»[a]

[١٠]شیمۆن پەترۆس شمشێرێکی پێبوو دەریهێنا، لە کۆیلەی سەرۆك کاهینی دا و گوێی ڕاستی بڕی. ئەو کۆیلەیەش ناوی مەلخۆس بوو.

[١١]عیسا بە پەترۆسی فەرموو: «شمشێرەکەت بگەڕێنەوە کێلانەکەی. ئایا ئەو جامەی کە باوك پێیداوم نەیخۆمەوە؟»

## لەبەردەم سەرۆکی کاهین

[١٢]ئیتر تیپە سەربازەکە و فەرماندەکەیان و خزمەتکارانی جولەکەکان عیسایان گرت و بەستیانەوە. [١٣]یەکەم جار بردییانە لای حەنا، چونکە خەزووری قەیافا بوو کە ئەو ساڵە سەرۆك کاهین بوو. [١٤]قەیافاش ئەو پیاوە بوو ڕاوێژی بۆ ڕابەرانی جولەکە کردبوو کە باشتر وایە پیاوێك بۆ هەموو گەل بمرێت.

## بۆ جاری یەکەم پەترۆس نکۆڵی دەکات

[١٥]شیمۆن پەترۆس لەگەڵ قوتابییەکی دیکە[b] شوێن عیسا کەوتن. لەبەر ئەوەی ئەو قوتابییە لەلای سەرۆکی کاهینان ناسراو بوو، لەگەڵ عیسا چوو بۆ کۆشکی سەرۆکی کاهینان، [١٦]بەڵام پەترۆس لە دەرەوە لەلای دەرگاکە ڕاوەستا. قوتابییەکەی دیکە کە سەرۆکی کاهینان دەیناسی هاتە دەرەوە و قسەی لەگەڵ کارەکەرە دەرگاوانەکەدا کرد و پەترۆسی هێنایە ژوورەوە.

[١٧]کارەکەرەکە بە پەترۆسی گوت: «تۆش لە قوتابییەکانی ئەم کابرایە نیت؟»

گوتی: «نەخێر.»

[١٨]خزمەتکار و پاسەوانەکان ئاگریان کردبووەوە و ڕاوەستابوون خۆیان گەرم دەکردەوە، چونکە سەرما بوو، پەترۆسیش لەگەڵیان وەستابوو، خۆی گەرم دەکردەوە.

## لەبەردەم سەرۆکی کاهینان

[١٩]سەرۆکی کاهینان دەربارەی قوتابییەکانی و فێرکردنەکەی پرسیاری لە عیسا کرد.

[٢٠]عیساش وەڵامی دایەوە: «بە ئاشکرا بۆ جیهان دوام، بەردەوام لە کەنیشت و پەرستگادا خەڵکم فێردەکرد، کە هەموو جولەکەکان لێی کۆدەبنەوە. هیچم بە نهێنی نەگوتووە. [٢١]بۆ پرسیارم لێ دەکەیت؟ لەوانە بپرسە کە گوێیان لێبووە چیم پێیان گوتووە. ئەمانە دەزانن چیم گوتووە.»

[٢٢]کاتێك ئەمەی فەرموو یەکێك لە خزمەتکاران کە لەلایەوە ڕاوەستابوو زللەیەکی لە عیسا دا و گوتی: «ئاوا وەڵامی سەرۆك کاهینان دەدەیتەوە؟»

[٢٣]عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەگەر قسەی خراپم کردووە، شایەتی لەسەر خراپەکە بدە. ئەگەر ڕاستیشە، بۆچی لێم دەدەیت؟» [٢٤]ئینجا حەنا عیسای بە بەدەستی بەستراوەوە بۆ قەیافای سەرۆکی کاهینانی نارد.

## بۆ جاری دووەم و سێیەم پەترۆس نکۆڵی دەکات

[٢٥]شیمۆن پەترۆسیش ڕاوەستابوو، خۆی گەرم دەکردەوە، لێیان پرسی: «تۆش لە قوتابییەکانی ئەو نیت؟» نکۆڵیی کرد و گوتی: «نەخێر.»

[a] ٩ یۆحەنا ٦:٣٩.

[b] ١٥ مەبەستی نووسەر لە خۆیەتی.

٢٦یەکێك لە کۆیلەکانی سەرۆکی کاهینان خزمی
ئەوە بوو کە پەترۆس گوێی لێکردەوە، گوتی: «ئەی
لە باخچەکەدا تۆم لەگەڵ ئەو نەبینی؟» ٢٧دیسان
پەترۆس نکۆڵیی کرد. دەستبەجێ کەڵەشێر خوێندی.

## عیسا دەدرێتە دەست پیلاتۆس

٢٨بەیانی زوو ڕابەرانی جولەکە عیسایان لەلای
قەیافاوە بۆ کۆشکی فەرمانڕەوایەتی برد. ئەوان
نەچوونە ژوورەوەی کۆشك، نەوەك گڵاو ببن، بەڵکو
بتوانن نانی پەسخە بخۆن. ٢٩پیلاتۆسیش هاتە دەرەوە
و گوتی: «چ سکاڵایەکتان لەسەر ئەم پیاوە هەیە؟»
٣٠وەڵامیان دایەوە: «ئەگەر خراپەکار نەبووایە،
نەماندەدا بە دەستتەوە.»
٣١پیلاتۆسیش پێی گوتن: «بیبەن، بەگوێرەی
شەریعەتی خۆتان حوکمی بدەن.»
جولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «دروست نییە ئێمە
کەس بکوژین.» ٣٢ئەمەش ڕوویدا تاکو قسەی عیسا
بێتە دی کە ئاماژەیە بۆ ئەو مردنەی کە دەمرێت.
٣٣لەبەر ئەوە پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکە، بانگی
عیسای کرد و پێی گوت: «تۆ پاشای جولەکەی؟»
٣٤عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ لە خۆتەوە ئەمە دەڵێی،
یاخود خەڵکی دیکە باسی منیان بۆ کردووی؟»
٣٥پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: «ئایا من جولەکەم؟
گەلەکەت و کاهینانی باڵا تۆیان داوەتە دەستی من.
چیت کردووە؟»
٣٦عیسا وەڵامی دایەوە: «پاشایەتی من لەم
جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە،
خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست
ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە.»
٣٧ئینجا پیلاتۆس پێی گوت: «کەواتە تۆ پاشای؟»
عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ دەڵێی کە من پاشام[a].
بۆ ئەمە لەدایك بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە
جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەرکەسێك لە
ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.»
٣٨پیلاتۆس پێی گوت: «ڕاستی چییە؟» کە ئەمەی
گوت دیسان چووە دەرەوە بۆ لای جولەکەکان و پێی
گوتن: «هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم. ٣٩بەڵام نەریتێکتان
هەیە کە لە جەژنی پەسخەدا یەکێکتان بۆ ئازاد بکەم.
بۆیە دەتانەوێت پاشای جولەکەتان بۆ ئازاد بکەم؟»
٤٠هاواریان کرد: «ئەمە نا! بەڵکو باراباس!»
باراباسیش یەکێك بوو لە یاخیبووان.

## فەرمانی کوشتنی عیسا

١٩ ئیتر پیلاتۆس عیسای برد و دایە بەر قامچی.
٢سەربازەکان تاجێکیان لە دڕك چنی و
خستیانە سەر سەری و کەوایەکی ئەرخەوانییان
لەبەرکرد. ٣لێی دەچوونە پێشەوە، دەیانگوت: «سڵاو،
ئەی پاشای جولەکە!» و زللەیان لێی دەدا.
٤دیسان پیلاتۆس هاتە دەرەوە و پێی گوتن:
«بۆتانی دەهێنمە دەرەوە تاکو بزانن هیچ
خراپەیەکی تێدا نابینم!» ٥عیسا بە تاجی دڕکاوی
و جلی ئەرخەوانییەوە هاتە دەرەوە، پیلاتۆس پێی
گوتن: «ئەوە پیاوەکەیە!»
٦کاتێك کاهینانی باڵا و پاسەوانان بینییان،
هاواریان کرد: «لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!»
پیلاتۆس وەڵامی دانەوە: «ئێوە ببەن و لە خاچی
بدەن، چونکە خراپەی تێدا نابینم.»
٧ڕابەرانی جولەکە وەڵامیان دایەوە: «تەوراتمان
هەیە. بەگوێرەی تەورات دەبێت بمرێت، چونکە
خۆی کردووەتە کوڕی خودا.»
٨کاتێك پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو زیاتر
ترسا. ٩گەڕایەوە ناو کۆشکەکە و بە عیسای گوت:
«خەڵکی کوێی؟» بەڵام عیسا هیچ وەڵامێکی
نەدایەوە. ١٠پیلاتۆس پێی گوت: «قسەم بۆ ناکەیت؟
ئایا نازانیت دەسەڵاتم هەیە کە ئازادت بکەم یان لە
خاچت بدەم؟»
١١عیسا وەڵامی دایەوە: «هیچ دەسەڵاتێکت
بەسەر منەوە نییە، مەگەر لە سەرەوە پێت
نەدرابێت. لەبەر ئەوە ئەوەی منی داوەتە دەست تۆ
گوناهەکەی گەورەترە.»
١٢ئیتر پیلاتۆس هەوڵی دەدا ئازادی بکات، بەڵام

[a] ٣٧ واتە: تۆ ڕاست دەڵێی.

ڕابەرانی جولەکە هاواریان دەکرد: «ئەگەر ئەمە ئازاد
بکەیت، دۆستی قەیسەر نیت. هەرکەسێك خۆی
بکاتە پاشا، لە دژی قەیسەر دەدوێت.»
١٣کاتێك پیلاتۆس گوێی لەم قسانە بوو، عیسای
بردە دەرەوە و لەسەر کورسی دادوەری دانیشت،
لە شوێنێك پێی دەگوترێ بەردڕێژکراو، بە عیبریش
گەباسا. ١٤ڕۆژی ئامادەکاری جەژنی پەسخە بوو،
نزیکەی کاتژمێر دوازدە[a] بوو، بە جولەکەکانی
گوت: «ئەوەتا پاشاکەتان.» ١٥ئەوانیش هاواریان کرد:
«ببە! ببە! لە خاچی بدە!» پیلاتۆس لێی پرسین:
«پاشاکەتان لە خاچ بدەم؟» کاهینانی باڵا وەڵامیان
دایەوە: «جگە لە قەیسەر پاشامان نییە.»
١٦ئیتر پیلاتۆس دایە دەستیان تاکو لە خاچ بدرێت.

## لەخاچدان

ئەوانیش عیسایان برد. ١٧عیساش خاچەکەی خۆی
هەڵگرت و چوو بەرەو ئەو شوێنەی کە پێی دەگوترێ
شوێنی کاسەسەر، بە عیبریش پێی دەگوترێ
گولگۆسا. ١٨لەوێ لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە خاچیان
دا، هەریەکە لە لایەکییەوە، عیساش لەناوەڕاستیان.
١٩پیلاتۆسیش لەسەر تەختەیەك نووسی: «عیسای
ناسیرەیی، پاشای جولەکە.» لەسەر خاچەکە دایکوتا.
٢٠جولەکەیەکی زۆر نووسراوەکەیان خوێندەوە کە
بە عیبری و لاتینی و یۆنانی نووسرابوو، چونکە ئەو
شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درابوو لە شارەوە نزیك
بوو. ٢١کاهینانی باڵای جولەکە بە پیلاتۆسیان گوت:
«مەنووسە: پاشای جولەکە، بەڵام بنووسە: ”خۆی
گوتی من پاشای جولەکەم.“»
٢٢پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: «ئەوەی نووسیومە،
نووسیومە.»
٢٣کاتێك سەربازەکان عیسایان لە خاچ دا،
جلەکانیان برد و کردیانە چوار پارچە، بۆ هەر
سەربازێك پارچەیەك. کراسەکەشیان برد، کراسەکە
بێ دروومان بوو، لەسەرڕا یەك پارچە چنرابوو.

[a] ١٤ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.

٢٤لەبەر ئەوە بە یەکتریان گوت: «با نەیدڕێنین.
با تیروپشکی لەسەر بکەین بزانین بۆ کێ دەبێت.»
ئەمەش ڕوویدا تاکو نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی
کە فەرموویەتی:

﴿جلوبەرگەکەی منیان لەنێو خۆیان بەشکرد و
تیروپشکیان لەسەر کراسەکەم کرد.﴾[b]

جا سەربازەکان ئەمەیان کرد.
٢٥لەلای خاچەکەی عیسا، دایکی و پووری
و مریەمی ژنی کلۆپا و مریەمی مەجدەلی
ڕاوەستابوون. ٢٦کاتێك عیسا دایکی بینی و ئەو
قوتابییەش کە خۆشی دەویست لەلای ڕاوەستاوە،
بە دایکی فەرموو: «ژنەکە، ئەوەتا کوڕی تۆ.» ٢٧بە
قوتابییەکەشی فەرموو: «ئەوەتا دایکی تۆ.» ئیتر لەو
کاتەوە قوتابییەکە بردییەوە ماڵی خۆی.

## مردنی عیسا

٢٨پاشان، لەبەر ئەوەی عیسا زانی کە هەموو شتێك
تەواو بووە، هەروەها بۆ ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکە[c]
بێتە دی، فەرمووی: «تینوومە.» ٢٩گۆزەیەکی پڕ لە
سرکە دانرابوو، ئیسفەنجێکی پڕ لە سرکەیان خستە
سەر لقە زوفایەك و بەرزیان کردەوە بۆ دەمی.
٣٠کاتێك عیسا تامی سرکەکەی کرد، فەرمووی: «تەواو
بوو.» لەدوای ئەوە سەری دانەواند و گیانی سپارد.
٣١پاشان ڕابەرانی جولەکە داوایان لە پیلاتۆس
کرد قاچی لەخاچدراوان بشکێنرێن و تەرمەکانیان
هەڵبگیردرێن، چونکە ڕۆژی ئامادەکاری بوو، ئەو
شەممەیە ڕۆژێکی گەورە بوو، تاکو تەرمەکان لە
شەممەدا لەسەر خاچ نەمێنن. ٣٢ئینجا سەربازەکان
هاتن و هەردوو قاچی ئەوەی یەکەم و ئەوی
دیکەیان شکاند کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ درابوون.
٣٣بەڵام کاتێك هاتنە لای عیسا بینییان وا مردووە،
قاچییان نەشکاند. ٣٤بەڵام یەکێك لە سەربازەکان
ڕمێکی لە کەلەکەی دا، دەستبەجێ خوێن و ئاو

[b] ٢٤ زەبوورەکان ١٨:٢٢
[c] ٢٨ بڕوانە زەبوورەکان ٢١:٦٩

دەرچوو. ٣٥ئەو پیاوەی ئەمەی بینی شایەتی دا،
شایەتییەکەشی ڕاستە. خۆی دەزانێت کە ڕاست
دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن. ٣٦ئەمە ڕوویدا تاکو
نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی: ﴿هیچ ئێسکێکی ئەو
ناشکێنرێت!﴾[a] ٣٧هەروەها نووسراوێکی پیرۆزی
دیکەش دەفەرموێ: ﴿تەماشای ئەوە دەکەن کە
ڕمیان لێداوە.﴾[b]

## ناشتنی عیسا

٣٨پاش ئەوە یوسفی خەڵکی ڕامە کە لە ترسی
ڕابەرانی جولەکە بە نهێنی قوتابی عیسا بوو، داوای لە
پیلاتۆس کرد تاکو تەرمی عیسا ببات، پیلاتۆسیش ڕێی
دا. ئەویش هات و تەرمەکەی برد. ٣٩نیقۆدیمۆسیش
هات، ئەوەی یەکەم جار بە شەو هاتە لای عیسا.
لەگەڵ خۆی نزیکەی سی لیتر[c] موڕ[d]ی تێکەڵاو
بە ئەلوای[e] هێنا. ٤٠جا تەرمەکەی عیسایان برد و
بە کەتان لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەك نەریتی
جولەکەیە لە کفن کردن. ٤١لەو شوێنەی عیسای
تێدا لە خاچ درا باخچەیەکی لێبوو، لە باخچەکەشدا
گۆڕێکی نوێی لێبوو کەسی تێدا نەنێژرابوو. ٤٢لەبەر
ڕۆژی ئامادەکاری جولەکەکان عیسایان لەوێ دانا[f]،
چونکە گۆڕەکە نزیك بوو.

## هەستانەوە

٢٠ لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا[g]، هێشتا تاریك
بوو، مریەمی مەجدەلی هاتە سەر گۆڕەکە
و بینی بەردەکە لەسەر گۆڕەکە گلۆر کراوەتەوە.
٢ئەویش ڕایکرد و هاتە لای شیمۆن پەترۆس و ئەو
قوتابییەی دیکە کە عیسا خۆشی دەویست، پێی
گوتن: «گەورەیان لە گۆڕەکەدا بردووە و نازانین
لەکوێ دایانناوە!»
٣ئینجا پەترۆس و قوتابییەکەی دیکە بەرەو گۆڕەکە
بەڕێکەوتن. ٤هەردووکیان بەیەکەوە ڕایاندەکرد،
بەڵام قوتابییەکەی دیکە پێش پەترۆس کەوت و
زووتر گەیشتە سەر گۆڕەکە. ٥دانەوییەوە و بینی
کەتانەکە دانراوە، بەڵام نەچووە ژوورەوە. ٦ئینجا
شیمۆن پەترۆس کە دوایکەوتبوو هات و چووە ناو
گۆڕەکە، بینی کەتانەکە دانراوە. ٧دەستەسڕەکەش کە
بە سەری عیساوە بوو لەگەڵ کەتانەکە دانەنرابوو،
بەڵکو بە جیا لە جێیەك پێچرابووەوە. ٨ئەوسا
قوتابییەکەی دیکەش کە یەکەم جار هاتبووە سەر
گۆڕەکە چووە ژوورەوە. بینی و باوەڕی هێنا. ٩ئەو
کاتە هێشتا لە نووسراوە پیرۆزەکان تێنەگەیشتبوون
کە دەبێ لەنێوان مردوواندا هەستێتەوە. ١٠دواتر
قوتابییەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

## عیسا بۆ مریەم دەردەکەوێ

١١بەڵام مریەم لەلای گۆڕەکە لە دەرەوە
ڕاوەستابوو دەگریا. کاتێك دەگریا، دانەوییەوە و
سەیری ناو گۆڕەکەی کرد، ١٢بینی دوو فریشتە بە
جلی سپییەوە لەو شوێنەی تەرمەکەی عیسای لێ
دانرابوو دانیشتوون، یەکێك لەلای سەرییەوە ئەوی
دیکە لەلای پێیەوە.
١٣لێیان پرسی: «خانم، بۆچی دەگریت؟»
وەڵامی دانەوە: «گەورەمیان بردووە، نازانم
لەکوێ دایانناوە.» ١٤کە ئەمەی گوت ئاوڕی دایەوە،
بینی عیسا ڕاوەستاوە، بەڵام نەیزانی عیسایە.
١٥عیسا پێی فەرموو: «خانم! بۆچی دەگریت؟
بەدوای کێدا دەگەڕێیت؟» وایزانی باخەوانەکەیە،
پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر تۆ بردووتە پێم بڵێ
لەکوێ داتناوە تاکو بیبەمەوە.»
١٦عیساش پێی فەرموو: «مریەم!»

[a] ٣٦ دەرچوون ٤٦:١٢ و زەبوورەکان ٢٠:٣٤.
[b] ٣٧ زەکەریا ١٠:١٢.
[c] ٣٩ یۆنانی: سەد لترا نزیکەی سی لیتری سەردەمی ئێستامان دەکات.
[d] ٣٩ بڕوانە مەتا ١١:٢.
[e] ٣٩ ئەلوا: ڕووەکێکی دڕکاوییە وەك (سەبار)، شلەیەکی تێدایە بۆ پێست باشە. بڕوانە زەبوورەکان ٨:٤٥ هتد.
[f] ٤٢ لە کەلتوری جولەکە مردوو لە شوێنێکی وەك ئەشکەوت دانراوە و دەرگای لەسەر داخراوە. بڕوانە مەتا ٦٠:٢٧.
[g] ١ بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە.

ئەویش ئاوڕی دایەوە و بە عیبری پێی گوت: «ڕابۆنی!» (واتە مامۆستا.)

[١٧]عیسا پێی فەرموو: «دەستم لێ مەدە، چونکە هێشتا بۆ لای باوك بەرز نەبوومەتەوە. بەڵام بڕۆ لای برایانم و پێیان بڵێ: ”من بەرز دەبمەوە بۆ لای باوکم و باوکتان، خودام و خوداتان.“»

[١٨]مریەمی مەجدەلی هات و بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند: «گەورەم بینی!» ئەوەشی پێ گوتن کە پێی فەرمووبوو.

## دەرکەوتنی مەسیح بۆ قوتابییەکان

[١٩]ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کە یەکەم ڕۆژی هەفتە بوو، لە ترسی ڕابەرانی جولەکە ئەو شوێنەی قوتابییەکانی لێبوو دەرگاکانی داخرابوون، عیسا هات و لەناوەڕاستدا ڕاوەستا و پێی فەرموون: «سڵاوتان[a] لێ بێت!» [٢٠]کە ئەمەی گوت، دەستی و کەلەکەی پیشاندان، جا قوتابییەکان کە مەسیحی خاوەن شکۆیان بینی دڵشاد بوون.

[٢١]ئینجا دیسان عیسا پێی فەرموون: «سڵاوتان لێ بێت! هەروەك چۆن باوك منی ناردووە، منیش دەتاننێرم.» [٢٢]کە ئەمەی گوت، فووی لێکردن، پێی فەرموون: «ڕۆحی پیرۆز وەربگرن. [٢٣]ئەوەی ئێوە گوناهی ببەخشن، بەخشراوە. ئەوەی ئێوە گوناهی نەبەخشن، نەبەخشراوە.»

## دەرکەوتنی مەسیح بۆ تۆماس

[٢٤]بەڵام تۆماس کە یەکێکە لە دوازدە قوتابییەکە و بە دیدمۆس[b] ناسراوە، لەگەڵ قوتابییەکان نەبوو کاتێك عیسا هات. [٢٥]قوتابییەکانی دیکە پێیان گوت: «گەورەمان بینی!»

ئەویش پێی گوتن: «ئەگەر جێگای بزمارەکان بە دەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە، دەست لە کەلەکەی نەدەم هەرگیز باوەڕ ناکەم.»

[a] ١٩ یۆنانی: ئاشتی.

[b] ٢٤ بە واتای جمك دێت.

[٢٦]لەدوای هەشت ڕۆژ، قوتابییەکانی دیسان لە ژوورەوە بوون و تۆماسیش لەگەڵیان بوو، دەرگاکانیش داخرابوون، عیسا هات و لەناوەڕاستیان ڕاوەستا، فەرمووی: «سڵاوتان لێ بێت!» [٢٧]ئینجا بە تۆماسی گوت: «پەنجەت بێنە ئێرە و دەستم ببینە، دەستت بێنە و لە کەلەکەمی بدە. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕ بهێنە.»

[٢٨]تۆماس وەڵامی دایەوە: «ئەی خاوەن شکۆ و خودای من!»

[٢٩]عیسا پێی فەرموو: «چونکە منت بینی باوەڕت کرد؟ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی نەیانبینی و باوەڕیان هێنا.»

## ئامانجی نووسینەکەی

[٣٠]عیسا لەبەردەم قوتابییەکانیدا زۆر پەرجووی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. [٣١]بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.

## دەرکەوتنی عیسا لەسەر دەریاچە

٢١ دوای ئەمە دیسان عیسا لە دەریاچەی جەلیل[c] خۆی بۆ قوتابییەکان دەرخست. بەم شێوەیە خۆی دەرخست: [٢]شیمۆن پەترۆس و تۆماس کە بە دیدمۆس ناسراوە، لەگەڵ ناتانئیل کە خەڵکی قانای جەلیل بوو، هەروەها کوڕەکانی زەبدی و دوو قوتابی دیکەی ئەو پێکەوە بوون. [٣]شیمۆن پەترۆس پێی گوتن: «بۆ ڕاو دەچم.» پێیان گوت: «ئێمەش لەگەڵت دێین.» ئینجا ڕۆیشتن و سواری بەلەم بوون، بەڵام لەو شەوەدا هیچیان نەگرت.

[٤]کاتی بەرەبەیان، عیسا لەسەر کەنارەکە وەستا، بەڵام قوتابییەکان نەیانزانی ئەوە عیسایە.

[٥]عیسا پێی فەرموون: «کوڕینە، هیچ ماسیتان پێنییە؟» وەڵامیان دایەوە: «نەخێر.»

[٦]پێی فەرموون: «تۆڕەکە هەڵبدەنە لای ڕاستی

[c] ١ یۆنانی: تەبەرییە.

بەلەمەکە، ماسی دەبیننەوە.» جا هەڵیاندا و ئیتر لەبەر زۆری ئەو ماسییانەی تێیدا بوو نەیانتوانی تۆڕەکە ڕابکێشنە ناو بەلەمەکە.

[٧]ئەو قوتابییەی عیسا خۆشی دەویست بە پەترۆسی گوت: «ئەوە عیسای خاوەن شکۆیە!» کاتێک پەترۆس بیستی «ئەوە عیسای خاوەن شکۆیە،» خۆی بە جلەکانی داپۆشی چونکە ڕووت بوو، خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە. [٨]قوتابییەکانی دیکە بە بەلەمەکە هاتن و تۆڕی ماسییەکەیان ڕادەکێشا، چونکە لە وشکانی دوور نەبوون، تەنها دوو سەد باڵ[a]. [٩]کاتێک دابەزینە وشکانی، بینییان وا خەڵووز ئامادە کراوە و ماسی خراوەتە سەری و نان دانراوە.

[١٠]عیسا پێی فەرموون: «لەو ماسییانە بهێنن کە ئێستا گرتتان.»

[١١]شیمۆن پەترۆسیش سەرکەوت و تۆڕەکەی ڕاکێشایە سەر وشکانی، سەد و پەنجا و سێ ماسی گەورەی تێدابوو، لەگەڵ زۆرییەکەشی تۆڕەکە نەدڕا. [١٢]عیسا پێی فەرموون: «وەرن بخۆن.» هیچ کام لە قوتابییەکان نەیانوێرا پرسیاری لێ بکەن: «تۆ کێیت؟» زانییان عیسای خاوەن شکۆیە. [١٣]عیسا هات، نانەکەی هەڵگرت و پێیدان، ماسییەکەش بە هەمان شێوە. [١٤]ئەمە سێیەم جارە عیسا بۆ قوتابییەکان دەربکەوێت پاش هەستانەوەی لەنێو مردووواندا.

## گەڕانەوەی پەترۆس بۆ خزمەت

[١٥]دوای ئەوەی نانیان خوارد عیسا بە شیمۆن پەترۆسی فەرموو: «شیمۆنی یۆنا، منت لەوانە خۆشتر دەوێت؟»

پێی گوت: «بەڵێ گەورەم، دەزانیت کە تۆم خۆشدەوێت.»

پێی فەرموو: «بەرخەکانم بلەوەڕێنە.»

[١٦]دیسان پێی فەرمووەوە: «شیمۆنی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟»

پێی گوت: «بەڵێ گەورەم، دەزانیت خۆشمدەوێیت.»

پێی فەرموو: «ببە بە شوانی مەڕەکانم.»

[١٧]سێیەم جار پێی فەرموو: «شیمۆنی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟»

پەترۆس دڵگران بوو، چونکە سێ جار پێی فەرموو: «منت خۆشدەوێت؟» پێی گوت: «ئەی گەورەم، هەموو شتێک دەزانیت. دەزانیت کە خۆشمدەوێیت.»

عیسا پێی فەرموو: «مەڕەکانم بلەوەڕێنە. [١٨]ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، کاتێک گەنج بوویت پشتێنەکەتت دەبەست و بۆ هەرکوێ دەتویست، دەچوویت. بەڵام کاتێک پیر دەبیت دەستت درێژ دەکەیت و یەکێکی دیکە پشتێنەکەت دەبەستێت و دەتباتە شوێنێک کە ناتەوێت.» [١٩]ئەمەی گوت وەک ئاماژەکردنێک بۆ مردنی پەترۆس کە بە هۆیەوە شکۆداریی خودا دەردەخات. لەدوای ئەمە پێی فەرموو: «دوام بکەوە!»

[٢٠]پەترۆس ئاوڕی دایەوە و بینی کە ئەو قوتابییەی کە عیسا خۆشی دەویست دوایان کەوتووە، ئەوەی لە کاتی نانی ئێوارەدا شانی بە سنگی عیساوە نابوو، پێی گوت: «گەورەم، کێیە ئەوەی بە گرتنت دەدات؟» [٢١]کاتێک پەترۆس ئەمەی بینی بە عیسای گوت: «گەورەم، ئەی ئەمە چی لێدێت؟»

[٢٢]عیساش پێی فەرموو: «ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ دوام بکەوە.» [٢٣]ئیتر ئەم قسەیە لەنێو برایان وا بڵاو بووەوە کە ئەو قوتابییە نامرێت. بەڵام عیسا پێی نەفەرموو کە نامرێت، بەڵکو «ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆ چی؟»

[٢٤]ئەمەش ئەو قوتابییەیە کە دەربارەی ئەم شتانە شایەتی دەدات و ئەم شتانەی نووسیوە. ئێمەش دەزانین شایەتییەکەی ڕاستە.

[٢٥]زۆر شتی دیکە هەیە عیسا کردوویەتی، ئەگەر یەک لەدوای یەک بنووسرایەتەوە، وابزانم خودی جیهان جێگای ئەو پەڕتووکە نووسراوانەی تێدا نەدەبووەوە.

[a] ٨ نزیکەی ٩٠ مەتر.

# کرداری نێردراوان

## کورتە باسێك

پەڕتووکی کرداری نێردراوان تەواوکەری مژدەیە بەگوێرەی نووسینی لۆقا و سەربوردەی بەردەوامی کارەکانی عیسایە. سەرچاوەیەکی مێژووییە و بە تایبەتی باس لە پەرەسەندنی کڵێسا دەکات. لە پێشەکی پەڕتووکی مزگێنی بەپێی نووسینی لۆقا شتێکی کورت لەسەر کەسایەتی لۆقا باسکراوە.

باسی قۆناغەکانی دروستبوونی کڵێسا دەکات، سەرەتای لەدایکبوونی کڵێسا و بڵاوبوونەوەی لە فەلەستین و دواتریش گەشەکردن و پەرەسەندنی لە دەریای ناوەڕاست تاکو شاری ڕۆما، هەروەها بەڵێنی مەسیح بەوەی «کاتێك ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر، هێز وەردەگرن و بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.» (*١:٨*) باسی هەر سێ قۆناغەکە دەکات:

١. شایەتیدانی قوتابییەکان لە ئۆرشەلیم (١:١-٧:٦٠).

٢. شایەتیدانی قوتابییەکان لە یەهودیا و سامیرە (١:٨-١٢:٢٥).

٣. شایەتیدانی قوتابییەکان هەتا ئەوپەڕی زەوی (١:١٣-٢٨:٣١).

هەروەها باسی ئەوە دەکات چۆن ڕۆحی پیرۆز لە ڕۆژی پەنجایەمین هاتە سەریان و شایەتییان بۆ نەتەوەکان دا، هاتنەدی بەڵێنەکەی عیسا بوو، ئەمە دەستپێکێکی گەورە بوو بۆ کڵێسا. گرنگی تایبەتیشی داوە بە خزمەت و وتارەکانی پەترۆس و ستیفانۆس و پۆڵس.

### بەرزکردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان

١ بەڕێز تیۆفیلۆس، لە پەڕتووکی یەکەممدا دەربارەی هەموو ئەوەی کە عیسا دەستی کرد بە ئەنجامدان و فێرکردنی نووسیومە، [٢] هەتا ئەو ڕۆژەی تێیدا بەرزکرایەوە، دوای ئەوەی لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆز ئەو نێردراوانەی ڕاسپارد کە هەڵیبژاردن. [٣] دوای ئازار چێژتنی بە چەندین بەڵگە بە زیندوویی خۆی پیشاندان، لە ماوەی چل ڕۆژدا بۆیان دەرکەوت و سەبارەت بە شانشینی خودا بۆیان دوا. [٤] کاتێك پێکەوە نانیان دەخوارد، ڕایسپاردن: «ئۆرشەلیم بەجێمەهێڵن، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوك بکەن کە لە منەوە بیستتان. [٥] یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە ڕۆحی پیرۆز هەڵدەکێشرێن[a].»

[٦] ئەوانەی پێکەوە کۆببوونەوە لێیان پرسی: «ئەی خاوەن شکۆ، لەم کاتەدا پاشایەتی بۆ ئیسرائیل دەگەڕێنیتەوە؟»

[٧] وەڵامی دانەوە: «بۆتان نییە ئەو کات و سەردەمانە بزانن کە باوك بە دەسەڵاتی خۆی دایناون. [٨] بەڵام کاتێك ڕۆحی پیرۆزتان دێتە سەر، هێز وەردەگرن و بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.»

[٩] ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێك لەبەرچاویان شاردییەوە.

[١٠] کاتێك ئەو دەڕۆیشت، ئەوان سەرنجیان لە ئاسماندا بوو، ئەوە بوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. [١١] پێیان گوتن: «جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.»

### هەڵبژاردنی یەکێك لە جێی یەهوزا

[١٢] ئینجا لەو کێوەی پێی دەگوترا زەیتوون گەڕانەوە ئۆرشەلیم کە بەقەد ڕۆیشتنێکی شەممە لە ئۆرشەلیم

---

[a] ٥ یۆنانی: باپتیزۆ، بە واتای شوشتن دێت بۆ پاکبوونەوە لە گوناە، وەك (بسمیلکردن).

نزیك بوو.[a] ١٣کاتێك چوونە ژوورەوە، چوونە ژوورەکەی سەرەوە کە تێیدا دەمانەوە، پەترۆس و یۆحەنا و یاقوب، ئەندراوس و فیلیپۆس و تۆماس، بەرتۆلماوس و مەتا و یاقوبی کوڕی حەلفا، شیمۆنی دڵگەرم[b] و یەهوزای برای یاقوب. ١٤هەموو بە یەك دڵ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن، لەگەڵ ژنەکان و مریەمی دایکی عیسا و براکانی.

١٥ڕۆژێکیان پەترۆس لەنێوان نزیکەی سەد و بیست باوەڕداران دابوو، هەستا و گوتی: ١٦«خوشك و برایان، دەبووایە نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی، پێشتر لەبارەی یەهوزاوە ڕۆحی پیرۆز لەسەر زمانی داود فەرموویەتی، کە بوو بە ڕێبەر بۆ ئەوانەی عیسایان گرت. ١٧لە ئێمە دەژمێردرا و لەم خزمەتەدا بەشی هەبوو.»

١٨بە پاداشتی ناپاکی کێڵگەیەکی دەستکەوت، بەڵام بەدەمدا کەوت و لەناوەڕاستەوە شەقبوو، هەموو هەناوی هاتە دەرەوە. ١٩هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم بەمەیان زانی، لەبەر ئەوە لە زمانی خۆیان ئەو کێڵگەیان ناونا، حەقل دەمخ، واتە: کێڵگەی خوێن.

٢٠ئەوە بوو پەترۆس درێژەی پێدا: «لە پەڕتووکی زەبووردا نووسراوە:

«﴿با ماڵەکەی چۆڵ بێت،
کەس نەبێت تێیدا نیشتەجێ بێت!﴾[c]

هەروەها:

﴿با یەکێکی دیکە ئەرکەکەی ئەو وەربگرێت.﴾[d]

٢١کەواتە پێویستە ئەو پیاوانەی یاوەرمان بوون، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە عیسای خاوەن شکۆ لەگەڵمان دەژیا، ٢٢لە لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیاوە تاکو ئەو ڕۆژەی لێمان بەرزکرایەوە، یەکێك لەوان لەگەڵمان ببێتە شایەتی هەستانەوەکەی.»

٢٣جا دووانیان هێنایە پێشەوە: یوسف کە بە بارساباس ناودەبردرا و نازناوی یوستۆس بوو، لەگەڵ مەتیاس. ٢٤نوێژیان کرد: «ئەی یەزدان، تۆ بە دڵی هەمووان دەزانیت، بۆمان دەربخە لەم دووانە کامەیانت هەڵبژاردووە، ٢٥تاکو شوێنی ئەو خزمەت و نێردراوێتییە بگرێتەوە، کە یەهوزا لێی لادا، تاکو بچێتە شوێنی خۆی.» ٢٦ئینجا تیروپشکیان بۆ کردن و تیروپشکەکە مەتیاسی گرتەوە، لەگەڵ یازدە نێردراوەکە ژمێردرا.

## هاتنی ڕۆحی پیرۆز

٢ کە ڕۆژی پەنجایەمین[e] داهات، هەموو پێکەوە لە یەك شوێندا بوون، ٢لەناکاو دەنگێك لە ئاسمانەوە وەك ڕەشەبا هات، ئەو ماڵەی پڕکرد کە تێیدا دانیشتبوون. ٣ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەك ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر هەریەکەیان نیشتەوە. ٤جا هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز و دەستیان پێکرد بە زمانەکانی دیکە بدوێن، وەك ڕۆح پێی بەخشین.

٥لەو کاتەدا جولەکەی لەخواترسی هەموو نەتەوەکانی ژێر ئاسمان لە ئۆرشەلیم مابوونەوە. ٦کاتێك دەنگەکە هات، خەڵك کۆبوونەوە و بووە پەشێوی، چونکە هەریەکەیان گوێی لە زمانی خۆی دەبوو پێی دەدوان. ٧حەپەسابوون و بە سەرسامییەوە گوتیان: «باشە هەموو ئەوانەی قسە دەکەن جەلیلی نین؟ ٨ئەی چۆن هەریەکەمان گوێی لە زمانی دایکیی خۆی دەبێت؟ ٩ئێمەی خەڵکی پەرتیا و میدیا و ئیلامی، دانیشتووانی میسۆپۆتامیا، یەهودیا و کەپەدۆکیا، پۆنتۆس و ئاسیا، ١٠فریجیا و پامفیلیا،

[a] ١٢ ئەو دووریەیە کە جولەکەیەك بۆی هەیە لە ڕۆژی شەممەدا بیبڕێ. ئەویش تەنها (١١٠٠ مەترە)، چونکە وەك نەریتێکی ئایینی ڕۆژی شەممە بۆ پشوودانە.

[b] ١٣ یۆنانی: زێلۆتێس ، پارتێکی ڕادیکالی جولەکە بوو، مەتا ٤:١٠.

[c] ٢٠ زەبوورەکان ٢٥:٦٩.

[d] ٢٠ زەبوورەکان ٨:١٠٩.

[e] ١ پەنجایەمین ڕۆژ لەدوای جەژنی پەسخە، هەروەها ڕۆژی جەژنی دروێنەیە، بڕوانە دەرچوون ٢٣:١٦-٣٤:٢٢ و دواوتار ١٦:٩-١٢.

میسر و ناوچەکانی لیبیای ڕووەو کورێن[a]، هەروەها میوانەکانی ڕۆما، [١١]جولەکە و بەجولەکەبوو، کریتی و عەرەب، ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان باسی کردارە مەزنەکانی خودا دەکەن.» [١٢]هەموو سەرسام و حەپەسا بوون، بە یەکتریان دەگوت: «دەبێ ئەمە واتای چی بێت؟»

[١٣]هەندێکی دیکە بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانگوت: «شەرابی نوێیان زۆر خواردووەتەوە.»

## یەکەم وتاری پەترۆس

[١٤]پەترۆس لەگەڵ یازدە نێردراوەکەی دیکەی عیسا ڕاوەستا، دەنگی بەرزکردەوە و پێی ڕاگەیاندن:

«ئەی پیاوانی جولەکە و هەموو ئەوانەی لە ئۆرشەلیم دانیشتوون، با ئەمە لەلاتان زانراو بێت و گوێ لە قسەکانم بگرن، [١٥]چونکە وەك بیردەکەنەوە ئەمانە سەرخۆش نین، لەبەر ئەوەی هێشتا کاتژمێر نۆی[b] بەیانییە! [١٦]بەڵکو بەهۆی پێغەمبەر یۆئێل گوتراوە:

[١٧]«﴿خودا دەفەرموێ، لە ڕۆژانی کۆتاییدا
ڕۆحم بەسەر هەموو خەڵکدا دەڕێژم.
کوڕان و کچانتان پەیامی خودا ڕادەگەیەنن،
گەنجانتان بینینیان بۆ ئاشکرا دەکرێت،
پیرانتان خەون دەبینن.
[١٨]تەنانەت بەسەر بەندە و کەنیزەکانیشم،
لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی خۆم دەبارێنم و
ئەوانیش پەیامی خودا ڕادەگەیەنن.
[١٩]لە سەرەوە لە ئاسمان پەرجوو[c] و
لە خوارەوە لەسەر زەوی نیشانە دەکەم:
خوێن و ئاگر و ستوونی دووکەڵ.
[٢٠]خۆر دەبێتە تاریکی و
مانگیش دەبێتە خوێن،
بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و شکۆداری یەزدان
بێت.
[٢١]جا هەرکەسێك بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە،
ڕزگاری دەبێت.﴾[d]

[٢٢]«پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێنرا، بە پەرجوو و کاری مەزن و نیشانە لەلایەن خوداوە لایەنگری کراوە، کە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە لەنێوتان ئەنجامی دا، وەك خۆتان دەزانن. [٢٣]ئەم بەگوێرەی خواستی بڕیارلەسەردراو و زانینی پێشووی خودا داتانە دەست، بە دەستی گوناهباران لە خاچتان دا و کوشتتان. [٢٤]بەڵام خودا هەڵیستاندەوە و لە ئازاری مردن ئازادی کرد، لەبەر ئەوەی نەدەکرا لە چنگیدا بمێنێتەوە. [٢٥]سەبارەت بە ئەو داود گوتوویەتی:

«﴿هەمیشە یەزدانم لەبەردەمم دەبینی،
لەبەر ئەوەی لەلای دەستەڕاستمەوەیە،
ناهەژێم.
[٢٦]بۆیە دڵشادم و گیانم خۆشحاڵە،
تەنانەت جەستەشم لە هیوادا نیشتەجێ
دەبێت،
[٢٧]چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردوواندا[e]
بەجێناهێڵیت،
هەروەها ڕێگا نادەیت ئەو کەسەی ئەوەی تۆ
پیرۆزت کردووە لەناو گۆڕ بۆگەن بێت.
[٢٨]ڕێگاکانی ژیانت پێ ناساندم،
تێربوون لە شادی لە ئامادەبوونتدایە.﴾[f]

[٢٩]«برایان، ڕێگا دراوە بە ئاشکرا پێتان بڵێم کە داودی باوکمان مرد و نێژرا، گۆڕەکەشی تاکو ئەمڕۆ لەلامانە. [٣٠]ئەویش کە پێغەمبەر بوو، دەیزانی خودا بە سوێند سوێندی بۆ خواردووە کە لە بەری پشتی ئەو لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت. [٣١]پێشبینیی

[a] ١٠ گەورەترین شار لە وڵاتی لیبیا لەم سەردەمەدا.
[b] ١٥ یۆنانی: کاتژمێری سێیەم.
[c] ١٩ پەرجوو: موعجیزە.
[d] ٢١ یۆئێل ٢:٢٨-٣٢
[e] ٢٧ یۆنانی: هادیس: بڕوانە پەراوێزی مەتا ١١:٢٣.
[f] ٢٨ زەبوورەکان ١٦:٨-١١

کرد و باسی هەستانەوەی مەسیحەکەی[a] کرد، نە لە
جیهانی مردووواندا بەجێهێڵرا و نە جەستەشی بۆگەن
بوو. ٣٢ئەم عیسایە خودا هەڵیستاندەوە، ئێمەش
هەموومان شایەتین بۆی. ٣٣ئینجا بۆ لای دەستە
ڕاستی خودا بەرزکرایەوە کە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆزی
لە باوکەوە وەرگرت، ئەمەی ڕژاند کە ئێوە دەیبینن و
دەیبیستن. ٣٤داود بۆ ئاسمان بەرز نەکرایەوە، بەڵکو
خۆی دەڵێت:

«﴾یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:
”لە دەستەڕاستم دابنیشە
٣٥هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ[b] بۆ
پێیەکانت.“﴿[c]

٣٦«بۆیە با هەموو ماڵی ئیسرائیل بە دڵنیایی
بزانن، ئەم عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردی
بە مەسیحی خاوەن شکۆ.»
٣٧کاتێک ئامادەبووان گوێیان لەم قسانە بوو، کاری
کردە سەر دڵیان، بە پەترۆس و نێردراوانی دیکەیان
گوت: «برایان، چی بکەین؟»
٣٨پەترۆس وەڵامی دانەوە: «تۆبە بکەن، با
هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو
هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و
ڕۆحی پیرۆز بە دیاری وەردەگرن. ٣٩ئەم بەڵێنەش
بۆ خۆتان و منداڵەکانتان و بۆ هەموو ئەوانەیە کە
دوورن[d] و یەزدانی پەروەردگارمان بانگیان دەکات.»
٤٠بە زۆر قسەی دیکەش ئاگاداری کردنەوە و
لێیان پاڕایەوە: «خۆتان لەم نەوە لار و چەوتە ڕزگار
بکەن.» ٤١ئەوانەی کە قسەکەیان وەرگرت لە ئاو
هەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس
هاتنە ڕیزی باوەڕدارانەوە.

## هاوبەشی باوەڕداران

٤٢ئیتر ئەوان پەیوەستبوون لەسەر فێرکردنی
نێردراوان و هاوبەشییەتی[e]، لەتکردنی نان[f] و
نوێژکردن. ٤٣هەموو لە ناخدا سام گرتوو بوون،
چونکە زۆر پەرجوو و نیشانە لەسەر دەستی
نێردراوان کران. ٤٤باوەڕداران هەموو پێکەوە بوون
و لە هەرچی هەیانبوو هاوبەش بوون. ٤٥ماڵومڵکی
خۆیان دەفرۆشت و بەگوێرەی پێویستی هەریەکەیان
دابەشیان دەکرد. ٤٦ڕۆژانە بە یەک دڵ بەردەوام لە
حەوشەکانی پەرستگا دەبوون، لە ماڵەکاندا نانیان
لەتدەکرد، بە خۆشی و دڵپاکییەوە پێکەوە نانیان
دەخوارد، ٤٧ستایشی خودایان دەکرد و لەلای هەموو
خەڵک پەسەند بوون. مەسیحی خاوەن شکۆش
ڕۆژانە ئەوانەی دەهێنایە پاڵیان کە ڕزگاریان دەبوو.

## چاکبوونەوەی ئیفلیجێک

٣ لە کاتی نوێژی کاتژمێر سێی[g] پاش نیوەڕۆ
پەترۆس و یۆحەنا سەرکەوتن بۆ پەرستگا.
٢لەبەردەم دەرگای پەرستگادا کە پێی دەگوترا
دەرگای جوان، پیاوێک بە زگماک ئیفلیج دانیشتبوو،
هەموو ڕۆژێک هەڵیاندەگرت و لەوێ دایاندەنا
تاکو سواڵ بکات لەوانەی دەهاتنە حەوشەکانی
پەرستگاکەوە. ٣پەترۆس و یۆحەنای بینی بە نیازن
بێنە ناو پەرستگا، داوای خێری لێکردن. ٤پەترۆس
لەگەڵ یۆحەنا تێیڕووانی، گوتی: «سەیرمان بکە!»
٥ئەویش چاوی تێبڕین و چاوەڕێی دەکرد شتێکیان
لێ وەربگرێت.
٦پەترۆس گوتی: «زێڕ و زیوم نییە، بەڵام ئەوەی

[a] ٣١ بە زمانی عیبری پێی دەگوترێ مەشیخ یان مەشیح. بە زمانی یۆنانی دەبێتە کریستۆس، کە بە واتای (دەستنیشانکراو) لەلای خودا دێت کە ڕزگارکەری گەلەکەیەتی. بڕوانە یەکەم ساموئێل ١٦.

[b] ٣٥ تەختەپێ: لەبەر بەرزی ئاستی کورسی مێزێکی بچووکە دەخرێتە ژێر پێ.

[c] ٣٥ زەبوورەکان ١١٠:١

[d] ٣٩ ئەوانەی دوورن: مەبەستی لەوانەیە کە لە نەتەوەکانی دیکەن و یەزدان بانگیان دەکات.

[e] ٤٢ پێکەوە ژیان و بەشداریکردنی یەکتر لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

[f] ٤٢ پێکەوە نانخواردن و دواتریش یادکردنەوەی شێوی مەسیح. بڕوانە یەکەم کۆرنسۆس ١١:٢٣.

[g] ١ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

هەمە دەتدەمێ. بە ناوی عیسای مەسیحی
ناسیرەییەوە، هەستە و بڕۆ!» [٧]ئینجا بە دەستی
ڕاستی گرتی و هەڵیستاند، دەستبەجێ هێز کەوتە
پێ و پاژنەکانی. [٨]ئیتر هەڵبەزییەوە و ڕاوەستا
و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، لەگەڵیان چووە ناو
حەوشەکانی پەرستگا، دەڕۆیشت و هەڵدەبەزییەوە
و ستایشی خودای دەکرد. [٩]هەموو خەڵك بینییان
دەڕوات و ستایشی خودا دەکات. [١٠]جا خەڵکەکە
ناسییانەوە کە ئەوەیە بۆ سواڵکردن لەلای دەرگای
پەرستگا دادەنیشت، ئەوەی کە پێی دەگوترا جوان،
سەرسامی و حەپەساویش دایگرتن لەوەی بەسەری
هات.

## وتاری پەترۆس لە پەرستگا

[١١]کاتێك پیاوەکە خۆی بە پەترۆس و یۆحەناوە
هەڵواسی بوو، هەموو خەڵکەکە بە سەرسامییەوە
ڕایانکردە لایان بۆ ئەو ڕێڕەوەی کە پێی دەگوترا
ڕێڕەوی سلێمان، کە هەردوو لای بە کۆڵەکە گیرابوو.
[١٢]پەترۆس ئەمەی بینی، پێی گوتن: «پیاوانی ئیسرائیل،
بۆچی لەمە سەرسامن؟ بۆچی چاوتان تێبڕیوین وەك
ئەوەی بە توانا یان بە لەخواترسیمان وامان کردووە
بڕوات؟ [١٣]خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب،
خودای باوکانمان، عیسای خزمەتکاری خۆی شکۆدار
کرد، ئەوەی بە گرتنتان دا و لەبەردەم پیلاتۆس
نکۆڵیتان لێکرد، کە بڕیاری دابوو بەریبدات. [١٤]ئێوە
نکۆڵیتان لە پیرۆز و ڕاستودروستەکە[a] کرد و داوای
وەرگرتنەوەی بکوژێکتان کرد. [١٥]سەرۆکی ژیانتان
کوشت، بەڵام خودا لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە و
ئێمە شایەتین بۆ ئەمە. [١٦]ئەم پیاوەی ئێوە دەیبینن
و دەیناسن، باوەڕی بەناوی عیسا هەبوو، بۆیە
هێز و توانای بۆ گەڕایەوە. بە ناوی عیسا و ئەو
باوەڕەی بەهۆیەوە دێت، لەبەرچاوی هەمووتان ئەم
تەندروستییە تەواوەی پێ بەخشی.
[١٧]«ئێستاش برایان دەزانم بە نەزانی ئەوەتان کرد،
هەروەك ڕابەرەکانیشتان. [١٨]بەڵام خودا ئەوەی پێشتر
لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەرانەوە ڕایگەیاند، کە
مەسیحەکەی خۆی ئازار دەچێژێت، ئاوا هێنایە دی.
[١٩]کەواتە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا تاکو
گوناهەکانتان بسڕێنەوە، تاکو لەلای یەزدانەوە کاتی
حەسانەوەتان بێت و [٢٠]مەسیحتان بۆ بنێرێتەوە،
ئەو عیسایەی کە پێشتر بۆتانی دیاری کردبوو.
[٢١]ئەوەی دەبێت لە ئاسمان بیهێڵێتەوە، هەتا کاتی
چاککردنەوەی هەموو شتێك[b]، ئەوەی لە کۆنەوە
خودا لەسەر زاری پێغەمبەرە پیرۆزەکانییەوە باسی
کردووە. [٢٢]موساش گوتی: ﴿یەزدانی پەروەردگارتان
لەنێو برایانتاندا پێغەمبەرێکی وەك منتان بۆ
دادەنێت، لە هەموو ئەوەی پێتانی دەڵێت گوێی لێ
بگرن. [٢٣]جا هەرکەسێك گوێ لەم پێغەمبەرە نەگرێت
لەنێو گەل دەبڕدرێتەوە.﴾[c]

[٢٤]«هەموو پێغەمبەرانیش، لە ساموئێل بەدواوە،
هەموو ئەوانەی قسەیان کردووە، باسی ئەم
ڕۆژانەیان کردووە. [٢٥]ئێوەش کوڕی پێغەمبەران و
ئەو پەیمانەن کە خودا لەگەڵ باوکانتاندا بەستی،
بە ئیبراهیمی فەرموو: ﴿لە ڕێگەی نەوەی تۆوە
هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بەرەکەتدار دەبن.﴾[d]
[٢٦]کاتێك خودا خزمەتکاری خۆی هەستاندەوە، یەکەم
جار بۆ ئێوەی نارد، بۆ ئەوەی بەرەکەتدارتان بکات
بە گەڕانەوەی هەریەکەتان لە خراپەکانی.»

## پەترۆس و یۆحەنا لە سەنهەدرین

٤ کاتێك پەترۆس و یۆحەنا قسەیان بۆ خەڵکەکە
دەکرد، کاهینان و سەرۆکی پاسەوانی پەرستگا
و سەدوقییەکان هاتنە لایان، [٢]زۆر لێیان پەست بوون،
چونکە خەڵکیان فێردەکرد و دەیانگوت کە مردووان
زیندوو دەبنەوە هەروەك چۆن عیسا زیندووبووەوە.
[٣]بۆیە پەترۆس و یۆحەنایان گرت و هەتا بەیانی لە
زیندانیان کردن، چونکە دەمەو ئێوارە بوو. [٤]بەڵام

[b] ٢١ گەڕانەوەی مەسیح، بڕوانە ئاشکراکردن ٢١.
[c] ٢٣ دواوتار ١٨:١٥،١٨،١٩.
[d] ٢٥ پەیدابوون ٢٢:١٨؛ ٢٦:٤.

[a] ١٤ مەبەست لە مەسیحە.

زۆر لەوانەی گوێیان لە قسەکان بوو باوەڕیان هێنا و ژمارەی پیاوان گەیشتە پێنج هەزار.

٥ بۆ بەیانی پێشەوایان و پیران و مامۆستایانی تەورات لە ئۆرشەلیم کۆبوونەوە، ٦ لەگەڵ حەنای سەرۆك کاهین و قەیافا و یۆحەنا و ئەسکەندەر و هەموو ئەوانەی لە تیرەی سەرۆك کاهینان بوون. ٧ پەترۆس و یۆحەنایان لەناوەڕاست ڕاگرت، پرسیاریان لێکردن: «بە چ هێزێك و بە چ ناوێك ئەمەتان کرد؟»

٨ جا پەترۆس پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز، پێی گوتن: «ئەی پێشەوایانی گەل و ئەی پیران، ٩ ئەگەر ئەمڕۆ لەسەر چاکەیەك بۆ پەککەوتەیەك کراوە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دەکرێت، بە چی چاك بووەتەوە، ١٠ با لەلای هەمووتان و هەموو گەلی ئیسرائیل زانراو بێت، بە ناوی عیسای مەسیحی ناسیرەیی، ئەم ئیفلیجە کە بەو تەندروستییە لەبەردەمتان ڕاوەستاوە چاك بووەوە، بە ناوی ئەو عیسایەی کە ئێوە لە خاچتان دا و خوداش لەناو مردووان هەڵیستاندەوە. ١١ ئەمە

«﴿ئەو بەردەیە کە ئێوەی وەستا ڕەتتان کردەوە،
ئەوەی بوو بە گرنگترین بەردی بناغە[a].﴾[b]

١٢ بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لەژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین.»

١٣ کاتێك ئازایەتی پەترۆس و یۆحەنایان بینی و زانییان خەڵکێکی نەخوێندەوار[c] و سادەن، سەرسام بوون، زانییان کە لەگەڵ عیسادا بوونە. ١٤ بەڵام کاتێك ئەو پیاوەشیان بینی لەگەڵیان ڕاوەستابوو، ئەوەی چاك بووەوە، هیچیان نەبوو وەڵامی پێ بدەنەوە. ١٥ ئەوسا فەرمانیان پێدان لە سەنهەدرین بچنە دەرەوە و لەناو خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆ: ١٦ «چی لەم پیاوانە بکەین؟ ئاشکرایە بۆ هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم کە نیشانەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی ئەمانەوە کراوە، ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین. ١٧ بەڵام نەوەك زیاتر لەنێو گەل بڵاو بێتەوە، هەڕەشەیان لێ دەکەین ئیتر لەلای کەس باسی ئەم ناوە نەکەن.»

١٨ ئینجا بانگیان کردن و فەرمانیان پێدان، بە هیچ شێوەیەك بە ناوی عیسا دەم نەکەنەوە و کەسیش فێرنەکەن. ١٩ بەڵام پەترۆس و یۆحەنا وەڵامیان دایەوە: «بەلای خوداوە کامیان دروستترە: گوێ لە ئێوە بگرین یان لە ئەو؟ ئێوە حوکم بدەن! ٢٠ بەڵام ئێمە ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە ناتوانین باسی نەکەین.»

٢١ دوای هەڕەشەی زیاتر، بەریاندان. نەیانزانی چۆن سزایان بدەن، لەبەر ئەوەی هەموو ستایشی خودایان دەکرد بەهۆی ئەوەی ڕوویدابوو، ٢٢ چونکە ئەو پیاوەی ئەم نیشانەی چاکبوونەوەی بەسەرهاتبوو لە چل ساڵ زیاتر بوو.

## نوێژی باوەڕداران

٢٣ کە پەترۆس و یۆحەنا بەربوون، هاتنە لای هاوڕێیەکانیان و ئەو شتانەی کاهینانی باڵا و پیران پێیان گوتبوون بۆیان گێڕانەوە. ٢٤ ئەمەیان بیست و بە یەك دڵ هاواریان بۆ خودا کرد:

«ئەی یەزدانی باڵادەست، تۆی دروستکەری ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیاندایە. ٢٥ لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆز لەسەر زاری داودی باوکمان و بەندەی خۆت فەرمووت:

«﴿بۆچی نەتەوەکان دەوروژێن و
گەلان پیلان لە شتی پووچ دەگێڕن؟
٢٦ پاشایانی زەوی خۆیان ڕێك دەخەن،
سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆدەبنەوە

[a] ١١ بەردێکی گەورەیە کە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت، لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.
[b] ١١ زەبوورەکان ١١٨:٢٢
[c] ١٣ دەرچووی قوتابخانەی جولەکەیی بۆ مامۆستایەتی تەورات نین.

لە دژی یەزدان و مەسیحەکەی.[a]»[b]

٢٧ لەبەر ئەوەی بە ڕاستی لەم شارەدا، هێرۆدس و پیلاتۆسی پۆنتی و نەتەوەکان و گەلی ئیسرائیل لە دژی عیسای خزمەتکاری پیرۆزت یەکیانگرت، ئەوەی کە دەستنیشانت کرد. ٢٨ ئەو کارەیان ئەنجام دا کە هێز و خواستی تۆ پێشوەخت نەخشەیان بۆ کێشابوو کە دەبێت ڕووبدەن. ٢٩ ئێستاش یەزدان، سەیری هەڕەشەکانیان بکە، بە خزمەتکارانی خۆت ببەخشە بەوپەڕی ئازایەتی بە وشەکانت بدوێن، ٣٠ کاتێك دەستت دەبەیت تاکو چاکبوونەوە و نیشانە و پەرجوو بە ناوی عیسای خزمەتکاری پیرۆزتەوە بکرێت.»

٣١ کاتێك لە خودا دەپاڕانەوە، ئەو شوێنەی کە تێدا کۆببوونەوە هاتە لەرزین و هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز، بە چاونەترسییەوە پەیامی خودایان ڕادەگەیاند.

## پێکەوە ژیان

٣٢ کۆمەڵی باوەڕداران یەك دڵ و گیان بوون، کەس نەیدەگوت ئەوەی هەیەتی هی خۆیەتی، بەڵکو لە هەموو شتێکدا هاوبەش بوون. ٣٣ نێردراوان بە هێزێکی گەورەوە شایەتی هەستانەوەی عیسای خاوەن شکۆیان دەدا، نیعمەتێکی[c] گەورەش بەسەر هەموویانەوە بوو. ٣٤ کەسی نەبوونیان تێدا نەبوو، چونکە هەموو ئەوانەی خاوەن کێڵگە وماڵ بوون دەیانفرۆشت، پارەکەیان دەهێنا و ٣٥ لەبەرپێی نێردراوان دایاندەنا، ئەوانیش بەگوێرەی پێویستی کەسەکان دابەشیان دەکرد.

[a] ٢٦ یۆنانی: کریستۆس. واتە مەسیح، هەروەها (دەستنیشانت کرد) لە ئایەتی ٢٧، ئەوەی بە دەستی پێغەمبەر و بە ڕێگای چەورکردن بە ڕۆن بۆ پاشایەتی دەستنیشان کراوە، بڕوانە یەکەم ساموئێل ٩:١٦؛ ١٢:١٦.

[b] ٢٦ زەبوورەکان ٢:١-٢

[c] ٣٣ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

٣٦ یوسف، لێڤییەکی ڕەگەز قوبرسییە، کە نێردراوان ناویان لێنا بەرناباس، واتە «کوڕی هاندەر»، ٣٧ کێڵگەیەکی هەبوو، فرۆشتی و پارەکەی هێنا، خستییە بەرپێی نێردراوان.

## حەنانیا و سەفیرە

٥ پیاوێك ناوی حەنانیا بوو، لەگەڵ سەفیرەی ژنی پارچە زەوییەکی فرۆشت. ٢ بە ئاگاداری ژنەکەی بەشێك لە نرخەکەی بۆ خۆی هەڵگرت، ئەوەی مایەوە هێنای و خستییە بەرپێی نێردراوان.

٣ پەترۆس گوتی: «حەنانیا، بۆچی شەیتان دڵی پڕکردوویت، تاکو درۆ لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز بکەیت و لە نرخی زەوییەکە بەشێك بۆ خۆت هەڵبگریت؟ ٤ ئایا نەتدەتوانی کێڵگەکە بۆ خۆت دابنێیت و نەیفرۆشی کاتێك کە هی خۆت بوو؟ پاش فرۆشتنی ئایا مافی ئەوەت نەبوو نرخەکەی هەڵبگریت؟ ئیتر بۆچی لە دڵی خۆتدا ویستت ناپاکی بکەیت؟ تۆ درۆت لەگەڵ خەڵك نەکرد، بەڵکو لەگەڵ خودا.»

٥ کاتێك حەنانیا گوێی لەم قسەیە بوو کەوت و مرد. هەموو ئەوانەی ئەمەیان بیست ترسێکی گەورەیان لێ نیشت. ٦ ئینجا چەند گەنجێك هەستان و کفنیان کرد، هەڵیانگرت بۆ دەرەوە و ناشتیان.

٧ پاش نزیکەی سێ کاتژمێر، ژنەکەی هاتە ژوورە و نەیدەزانی چی ڕوویداوە. ٨ پەترۆس لێی پرسی: «پێم بڵێ، زەوییەکەتان بەم بڕە فرۆشت؟»

گوتی: «بەڵێ، بەم بڕە.»

٩ پەترۆسیش پێی گوت: «بۆچی ڕێککەوتن ڕۆحی یەزدان تاقی بکەنەوە؟ ئەوەتا ئەوانەی مێردەکەتیان ناشت لە بەردەرگان، تۆش هەڵدەگرنە دەرەوە.»

١٠ دەستبەجێ لەبەرپێی کەوت و مرد. کاتێك گەنجەکان هاتنە ژوورەوە و بینییان مردووە، هەڵیانگرت و لەتەنیشت مێردەکەی ناشتیان. ١١ ئیتر ترسێکی گەورە هاتە سەر هەموو کڵێسا و هەموو ئەوانەی ئەمانەیان بیست.

## زۆربوونی باوەڕداران

١٢ لەسەر دەستی نێردراوان زۆر نیشانە و پەرجوو
لەنێو گەلدا کرا. هەموو باوەڕداران بە یەك دڵ لە
ڕێڕەوەکەی سلێمان لە پەرستگادا کۆدەبوونەوە.
١٣ کەس نەیدەوێرا بچێتە پاڵیان، بەڵام گەل زۆر
ڕێزیان دەگرتن. ١٤ هەروەها خەڵکی زیاتر باوەڕیان
دەهێنا و دەهاتنە پاڵ مەسیحی خاوەن شکۆ، ژن و
پیاو بە کۆمەڵ، ١٥ وای لێهات نەخۆشیان دەهێنایە
سەر شەقام و لەسەر جێگا و نوێن دایاندەنان،
بەڵکو ئەگەر پەترۆس هات، سێبەرەکەی بکەوێتە
سەر هەندێکیان. ١٦ خەڵکی شارەکانی دەوروپشتی
ئۆرشەلیمیش کۆببوونەوە، نەخۆش و ئەوانەیان
هەڵگرتبوو کە بە دەست ڕۆحی پیس دەیانناڵاند، جا
هەموویان چاکدەبوونەوە.

١٧ بەڵام سەرۆك کاهین و هەموو ئەوانەی لەگەڵی
بوون لە ڕێبازی سەدوقی هەستان و پڕبوون لە
ئیرەیی. ١٨ نێردراوانیان گرت و فڕێیان دانە زیندانی
گشتییەوە. ١٩ بەڵام فریشتەیەکی یەزدان لە شەودا
دەرگای زیندانەکەی کردەوە و بردنییە دەرەوە،
گوتی: ٢٠ «بڕۆن بۆ حەوشەکانی پەرستگا و ڕاوەستن،
تەواوی پەیامی ئەم ژیانە بە خەڵکی بڵێن.»
٢١ کە گوێیان لێبوو، بەیانی زوو چوونە حەوشەکانی
پەرستگا و دەستیان کرد بە فێرکردنی خەڵك.

سەرۆك کاهین و ئەوانەی لەگەڵی بوون
هاتن، سەنهەدرین و هەموو کۆمەڵی پیرانی
نەوەی ئیسرائیلیان بانگکرد و ناردیان لە زیندان
بیانهێنن. ٢٢ بەڵام کە پاسەوانەکان هاتن و لە
زیندان نەیاندۆزینەوە، گەڕانەوە و هەواڵیان دا:
٢٣ «زیندانەکەمان بینی بە باشی داخرابوو، پاسەوانیش
لە بەردەرگاکان ڕاوەستابوون، بەڵام کاتێك کردمانەوە
کەسمان تێیدا نەبینی.» ٢٤ کاتێك سەرۆکی پاسەوانی
پەرستگا و کاهینانی باڵا ئەمەیان بیست، لێیان
سەرسام بوون و گوتیان ئەمە چی بەسەردێت!
٢٥ ئینجا یەکێك هات و گوتی: «ئەو پیاوانەی
فڕێتاندانە زیندانەوە، وا لە حەوشەکانی پەرستگادا
ڕاوەستاون و خەڵکی فێر دەکەن.» ٢٦ ئەوسا سەرۆك
و پاسەوانان ڕۆیشتن و بێ توندوتیژی نێردراوانیان
هێنا، چونکە دەترسان گەل بەردبارانیان بکەن.
٢٧ کاتێك ئەوانیان هێنا لەبەردەم سەنهەدریندا
ڕایانگرتن، سەرۆك کاهین لێی پرسین: ٢٨ «بە توندی
فەرمانمان پێ کردن خەڵکی بەم ناوە فێر نەکەن،
ئەوەتا ئۆرشەلیمتان لە فێرکردنەکانتان پڕکردووە و
دەتانەوێ خوێنی ئەم پیاوە بخەنە ئەستۆمان.»
٢٩ پەترۆس و نێردراوان وەڵامیان دایەوە: «دەبێت
گوێڕایەڵی بۆ خودا بێت زیاتر لەوەی بۆ خەڵك!
٣٠ خودای باوباپیرانمان عیسای هەستاندەوە،
ئەوەی بە هەڵواسینی لەسەر دار کوشتتان. ٣١ خودا
ئەوی وەك سەرۆك و ڕزگارکەر بۆ دەستە ڕاستی
خۆی بەرز کردەوە، تاکو تۆبەکردن و لێخۆشبوونی
گوناه بە ئیسرائیل ببەخشێت. ٣٢ ئێمە شایەتی ئەم
شتانەین، هەروەها ڕۆحی پیرۆزیش، ئەوەی خودا
بەخشیویەتییە ئەوانەی گوێڕایەڵن بۆی.»
٣٣ کاتێك گوێیان لێبوو زۆر تووڕە بوون، ویستیان
بیانکوژن. ٣٤ بەڵام فەریسییەك ناوی گەمالائیل بوو،
مامۆستای تەورات و ڕێزدار بوو لەلای هەموو گەل،
لە سەنهەدرین هەستا و فەرمانی دا بۆ ماوەیەکی
کەم ببردرێنە دەرەوە. ٣٥ پێی گوتن: «پیاوانی
ئیسرائیل، ئاگاداری خۆتان بن لەوەی دەتانەوێ
بەم پیاوانەی بکەن. ٣٦ لەمێژ نییە سوداس هەستا و
خۆی بە شتێك دادەنا، نزیکەی چوار سەد پیاو لێی
کۆبوونەوە، بەڵام کوژرا و هەموو ئەوانەی دوای
کەوتبوون بڵاو بوونەوە، بوونە هیچ. ٣٧ دوای ئەمەش
لە کاتی ناونووسینەکەدا یەهوزای جەلیلی هەستا
و خەڵکانێکی بەدوای خۆیدا لەخشتە برد، ئەویش
لەناوچوو و ئەوانەی دوای کەوتبوون بڵاوبوونەوە.
٣٨ ئێستاش ئامۆژگاریتان دەکەم، لەم پیاوانە دوور
بکەونەوە و وازیان لێ بهێنن، چونکە ئەگەر ئەم
بیروباوەڕە و کارە لە خەڵکەوە بێت، تێکدەچێت.
٣٩ بەڵام ئەگەر لە خوداوە بێت، ناتوانن تێکی بدەن،
ئەگینا خۆتان دەبیننەوە لە دژی خودا دەجەنگن.»
٤٠ وتەکانی قایلی کردن، ئیتر نێردراوانیان بانگکرد
و فەرمانیان دا کە ئەوان بدرێنە بەر قامچی. ئینجا

فەرمانیان پێکردن ناوی عیسا نەهێنن و ئازادیان
کردن.
٤١ جا بە دڵشادییەوە لەبەردەم سەنهەدرین هاتنە
دەرەوە، چونکە وا دانران شایانی ئەوە بن بۆ ناوی
ئەو سووکایەتییان پێ بکرێت. ٤٢ ئیتر هەموو ڕۆژێك
لە حەوشەکانی پەرستگا و لە ماڵاندا، بێوچان
خەڵکیان فێردەکرد و مزگێنییان دەدا کە عیسا
مەسیحەکەیە.

## هەڵبژاردنی حەوت خزمەتکار

٦ لەو ڕۆژانەدا کە قوتابییەکان زیادیان دەکرد،
جولەکە یۆنانییەکان[a] بۆڵەبۆڵیان لەسەر
عیبرانییەکان[b] کرد کە لە دابەشکردنی نانی ڕۆژانەی
بێوەژنەکانیان پشتگوێ دەخرێن. ٢ بۆیە دوازدە
نێردراوەکە هەموو قوتابییەکانیان بانگکرد و گوتیان:
«باش نییە بۆمان ڕاگەیاندنی پەیامی خودا پشتگوێ
بخەین و خەریکی ئازووقە دابەشکردن بین. ٣ خوشك
و برایان، لەنێو خۆتاندا حەوت پیاو هەڵبژێرن
کە ناوبانگیان باش بێت و پڕبن لە ڕۆحی پیرۆز و
دانایی، تاکو لەسەر ئەم ئەرکە دایانبنێین. ٤ ئێمەش
خۆمان تەرخان دەکەین بۆ نوێژکردن و بۆ خزمەتی
ڕاگەیاندنی پەیامی خودا.»
٥ هەموو کۆمەڵەکە ئەم پێشنیارەیان بەدڵ بوو،
جا ستیفانۆسیان هەڵبژارد، کە پیاوێکی پڕ لە باوەڕ
و ڕۆحی پیرۆز بوو، لەگەڵ فیلیپۆس و پرۆخۆرۆس و
نیکانۆر و تیمۆن و پەرمیناس و نیکۆلاوسی ئەنتاکی
کە ببووە جولەکە. ٦ لەپێش نێردراوانیان ڕاگرتن،
ئەوانیش نوێژیان کرد و دەستیان لەسەر دانان.
٧ ئیتر پەیامی خودا لە گەشەکردندا بوو، ژمارەی
قوتابییەکانیش لە ئۆرشەلیم زۆر زیاتر ببوون،
ژمارەیەکی زۆریش لە کاهینان باوەڕیان بە مەسیح
هێنا و گوێڕایەڵی بوون.

[a] ١ ئەو جولەکانەی لە دەرەوەی فەلەستین بە زمانی یۆنانی قسە دەکەن.

[b] ١ ئەو جولەکانەی لەناو فەلەستین بە زمانی عیبری قسە دەکەن.

## گرتنی ستیفانۆس

٨ ستیفانۆس پڕبوو لە نیعمەت و هێزی خودا،
پەرجوو و نیشانەی گەورەی لەنێو گەلدا دەکرد.
٩ جا هەندێك لەوانەی لەو کەنیشتەن کە پێی
دەگوترا کەنیشتی ئازادکراوان، لەگەڵ کورێنییەکان و
ئەسکەندەرییەکان و ئەوانەی لە ناوچەکانی کیلیکیا
و ئاسیان، هەستان و دەمەقاڵێیان لەگەڵ ستیفانۆس
کرد. ١٠ بەڵام نەیانتوانی بەربەرەکانێی ئەو داناییە
بکەن کە ڕۆحی پیرۆز لە قسەکردندا پێیدابوو.
١١ بۆیە بەدزییەوە خەڵکیان هاندا تاکو بڵێن:
«گوێمان لێی بوو سەبارەت بە موسا و خودا کفری
دەکرد.»
١٢ ئینجا گەل و پیران و مامۆستایانی تەوراتیان
جۆشدا، هاتنە سەری و گرتییان، بۆ سەنهەدرینیان
هێنا. ١٣ شایەتی درۆزنیان دانا، دەیانگوت: «ئەم
پیاوە وەستانی نییە لە قسەکردن لە دژی ئەم
شوێنە پیرۆزە[c] و تەورات، ١٤ ئێمەش گوێمان لێی
بوو دەیگوت کە عیسای ناسیرەیی ئەم شوێنە
تێکدەدات و ئەو نەریتانە دەگۆڕێت کە لە موساوە
وەرمانگرتووە.»
١٥ جا هەموو ئەوانەی لە سەنهەدرین دانیشتبوون
چاویان تێبڕی و بینییان ڕووی وەك ڕووی فریشتە
وایە.

## وتاری ستیفانۆس

٧ سەرۆك کاهین لێی پرسی: «ئەم شتانە وان؟»
٢ ئەویش گوتی: «برایان و باوکان گوێ
بگرن، خودای شکۆ بۆ ئیبراهیمی باوکمان دەرکەوت
کاتێك لە میسۆپۆتامیا بوو، پێش ئەوەی لە حاران
نیشتەجێ بێت، ٣ پێی فەرموو: ﴿خاك و کەسوکارت
بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم.﴾[d]
٤ «خاکی کلدانییەکانی بەجێهێشت و لە حاران
نیشتەجێ بوو. دوای مردنی باوکی، خودا لەوێوە
گواستییەوە بۆ ئەم خاکەی ئێوە ئێستا تێیدا

[c] ١٣ پەرستگا

[d] ٣ پەیدابوون ١:١٢

نیشتەجێن. [٥]لێرەدا هیچ میراتێکی نەدایێ، تەنانەت
شوێن پێیەکیش. بەڵام خودا بەڵێنی پێدا کە بە موڵك
بیداتە خۆی و وەچەکەی لەدوای خۆی، هێشتا
منداڵی نەبوو. [٦]خوداش ئاوای فەرموو: ﴿نەوەکانت
لە خاکێك نامۆ دەبن کە هی خۆیان نییە، دەبنە
کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێننەوە. [٧]بەڵام
ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان وەك کۆیلە
خزمەتیان دەکەن،﴾ خودا فەرموویەتی، ﴿دوای ئەوە
دێنە دەرەوە و لەم شوێنە دەمپەرستن.﴾[a] [٨]خوداش
پەیمانی خەتەنەکردنی لەگەڵ ئیبراهیم بەست. ئاوا
ئیسحاقی بوو، لە هەشت ڕۆژیدا خەتەنەی کرد.
ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوازدە باوکانی
یەکەمینی[b] بوو.

[٩]«باوکانیش چاویان بە یوسف هەڵنەهات،
فرۆشتیانە میسر. بەڵام خودای لەگەڵ بوو، [١٠]لە
هەموو ناخۆشییەکانی ڕزگاری کرد، لەبەردەم
فیرعەونی پاشای میسردا نیعمەت و دانایی دایێ.
ئەویش لێپرسراویەتی میسر و هەموو ماڵەکەی خۆی
پێدا.

[١١]«ئینجا قاتوقڕی و تەنگانە بەسەر هەموو میسر
و کەنعاندا هات، باوباپیرانمان خواردنیان دەست
نەدەکەوت. [١٢]یاقوب بیستی لە میسردا دانەوێڵە
هەیە، جاری یەکەم باوکانمانی نارد. [١٣]بۆ جاری
دووەم یوسف بە برایانی ناسرا، بنەماڵەی یوسفیش
بۆ فیرعەون دەرکەوت. [١٤]ئیتر یوسف ناردی یاقوبی
باوکی بە هەموو کەسوکاریەوە بۆ میسر بانگکرد،
کە حەفتا و پێنج کەس بوون. [١٥]جا یاقوب بۆ میسر
دابەزی و مرد، خۆی و باوباپیرانمان. [١٦]ئینجا بۆ
شەخەم گەڕاندیانەوە و لەو گۆڕە ناشتییان کە
ئیبراهیم لە شەخەم بە بڕێك زیو لە کوڕەکانی
حەمۆری کڕی.

[١٧]«بەڵام ئەو کاتەی بەڵێنەکە نزیك دەبووەوە
کە خودا بە ئیبراهیمی دا، گەل لە میسر پەرەیان
دەسەند و زۆردەبوون، [١٨]تاکو ﴿لە میسر پاشایەکی
نوێ هاتە سەر تەخت کە یوسفی نەدەناسی.﴾[c]
[١٩]لەگەڵ نەژادەکەمان بە فێڵ دەجوڵایەوە و خراپەی
لەگەڵ باوباپیرانمان کرد، ناچاری دەکردن منداڵە
ساواکانیان دووربخەنەوە تاکو بمرن.

[٢٠]«لەو کاتەدا موسا لەدایك بوو. لەبەرچاوی
خودا جوان بوو، سێ مانگ لە ماڵی باوکی بەخێوکرا،
[٢١]کاتێك دوورخرایەوە[d]، کچی فیرعەون هەڵیگرتەوە
و کردییە کوڕی خۆی و بەخێوی کرد. [٢٢]موساش لەناو
هەموو دانایی میسرییەکاندا پەروەردە کرا، بە توانا
لە قسە و کرداردا.

[٢٣]«کاتێك تەمەنی بووە چل ساڵ، بڕیاری دا
سەردانی براکانی بکات، نەوەی ئیسرائیل. [٢٤]یەکێکی
بینی ستەمی لێ دەکرێت، بەرگری لێکرد و
دادوەریی بۆ ستەملێکراو کرد، میسرییەکەی کوشت.
[٢٥]وایزانی برایانی تێدەگەن کە خودا لەسەر دەستی
ئەو ڕزگاریان دەکات. بەڵام تێنەگەیشتن. [٢٦]بۆ بەیانی
دوو لە برا عیبرانییەکانی بینی کە شەڕیان دەکرد،
هەوڵی دەدا ئاشتیان بکاتەوە، گوتی: ”ئێوە بران،
بۆچی دەست بۆ یەکتری درێژ دەکەن؟“

[٢٧]«بەڵام ئەوەی ستەمی لە نزیکەکەی دەکرد،
پاڵێکی پێوەنا و گوتی: ﴿کێ تۆی کردووە بە گەورە
و دادوەر بەسەرمانەوە؟ [٢٨]ئایا دەتەوێ بمکوژیت
هەروەك دوێنێ میسرییەکەت کوشت؟﴾[e] [٢٩]موساش
بەهۆی ئەم قسەیەوە هەڵهات، لە خاکی میدیان
بووە بێگانە و لەوێ دوو کوڕی بوو.

[٣٠]«دوای ئەوەی چل ساڵ تەواوبوو، ﴿فریشتەیەك
لە بیابانی شاخی سینا لەنێو دەوەنێکی داگیرساودا
بۆی دەرکەوت.﴾[f] [٣١]موساش ئەمەی بینی و لە
دیمەنەکە سەرسام بوو، دەچووە پێش تاکو لە
نزیکەوە سەیر بکات، دەنگی یەزدان هات: [٣٢]﴿من

[a] ٧ پەیدابوون ١٣:١٥، ١٤

[b] ٨ مەبەستی لە دوازدە سەرۆك هۆزەکەیە، یەهودا و لێڤی و یوسف و هتد.

[c] ١٨ دەرچوون ١:٧-٨

[d] ٢١ بۆ پاراستنی لە مردن لەناو سەبەتەیەك خرایە ناو ڕووباری نیل، بڕوانە دەرچوون ٢:٤.

[e] ٢٨ دەرچوون ٢:١٤

[f] ٣٠ دەرچوون ٢:٣

خودای باوکانت، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و
یاقوبم.﴾[a] بەڵام موسا لەرز گرتی و نەیوێرا سەیر
بکات.
[٣٣]«﴿جا یەزدان پێی فەرموو: پێڵاوەکانت لە پێت
دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت
خاکێکی پیرۆزە. [٣٤]بەڕاستی من ئەزیەتی گەلەکەی
خۆمم لە میسر بینی و گوێم لە ناڵەیان بوو، هاتمە
خوارەوە تاکو دەربازیان بکەم. ئێستاش وەرە،
دەتنێرمە میسر.﴾[b]
[٣٥]«ئەو موسایەی ڕەتیان کردەوە و گوتیان: ﴿کێ
تۆی کردووە بە گەورە و دادوەر بەسەرمانەوە؟﴾[c]
هەر ئەو بوو خودا وەك گەورە و ئازادکەر بە
دەستی ئەو فریشتەیە ناردی کە لە دەوەنەکەدا بۆی
دەرکەوت. [٣٦]ئەم دەریهێنان، لە ماوەی چل ساڵدا
پەرجوو و نیشانەی لە خاکی میسر و دەریای سوور
و چۆڵەوانیش کرد.
[٣٧]«ئەمە ئەو موسایەیە کە بە نەوەی ئیسرائیلی
گوت: ﴿خودا لەنێو براکانتان پێغەمبەرێکی
وەك منتان بۆ دادەنێت.﴾[d] [٣٨]هەر ئەویش بوو
لە چۆڵەوانی لەناو کڵێساکەدا[e] بوو، لەگەڵ ئەو
فریشتەیەی لە شاخی سینا قسەی لەگەڵی دەکرد،
لەگەڵ باوباپیرانیشمان، ئەوەی وشە زیندووەکانی
وەرگرت تاکو بمانداتێ.
[٣٩]«بەڵام باوباپیرانمان نەیانویست گوێڕایەڵی
بن. کەچی ئەویان ڕەتکردەوە و دڵیان بۆ میسر
دەگەڕایەوە. [٤٠]بە هارونیان گوت: ﴿چەند
خوداوەندێکمان بۆ دروستبکە لەپێشمانەوە بڕۆن،
چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی
میسرەوە دەرهێنا نازانین چی لێهات.﴾[f] [٤١]لەو
ڕۆژانەدا بتێکیان لە شێوەی گوێلك دروستکرد و
قوربانییان بۆ کرد، بە دەستکردی خۆیان دڵشاد
بوون. [٤٢]بەڵام خودا ڕووی لێ وەرگێڕان و وازی لێ
هێنان ئەستێرەکانی ئاسمان[g] بپەرستن، وەك لە
پەڕتووکی پێغەمبەراندا نووسراوە:

«﴿ئەی بنەماڵەی ئیسرائیل، ئایا بۆ ماوەی چل
ساڵ لە چۆڵەوانی
قوربانی سەربڕاو و پێشکەشکراوتان بۆ هێنام؟
[٤٣]نەخێر، بەڵکو نزرگەی بتی مۆلەختان[h]
لەگەڵ ئەستێرەی خوداوەندەکەتان هەڵگرت،
ڕێفان[i]،
ئەو پەیکەرانەی دروستتان کرد تاکو
بیانپەرستن.
لەبەر ئەوە من بۆ شوێنێك ڕاپێچتان دەکەم کە لە
بابل دوورترە.﴾[j]

[٤٤]«چادری پەرستنی شایەتیش لە چۆڵەوانیدا
لەگەڵ باوباپیرانمان بوو، هەروەك ئەوەی خودا
فەرمانی بە موسا کرد لەسەر ئەو نموونەیە دروستی
بکات کە بینیویەتی. [٤٥]جا باوباپیرانمان چادری
پەرستنیان وەرگرت و لەگەڵ یەشوع بردییانە ناو
موڵکی ئەو گەلانەی خودا لەبەردەمی باوکانمان
دەریکردن هەتا ڕۆژانی داود، [٤٦]ئەوەی لەلای
خودا ڕەزامەندی بەدەستهێنا، ئەویش هەوڵی دا
نشینگەیەك بۆ خودای یاقوب دروستبکات. [٤٧]بەڵام
سلێمان بوو کە خانوویەکی بۆ دروستکرد.
[٤٨]«بەڵام خودای هەرەبەرز لە ماڵی دەستکرد
نیشتەجێ نابێت، وەك پێغەمبەر گوتوویەتی:

[a] ٣٢ دەرچوون ٣:٦
[b] ٣٤ دەرچوون ٣:٥-١٠.
[c] ٣٥ دەرچوون ٢:١٤
[d] ٣٧ دواوتار ١٨:١٥
[e] ٣٨ یۆنانی: ئێکلێسیا: بانگکراوان بۆ کۆبوونەوە. مەبەستی لەو ڕۆژەیە کە لە سەردەمی موسا لە شاخی سینا خودا گەلی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات، بڕوانە دواوتار ٤:١٠ و دەرچوون ١٩ و ٢٠.

[f] ٤٠ دەرچوون ٣٢:١
[g] ٤٢ یۆنانی: سوپای ئاسمان.
[h] ٤٣ خوداوەندێکی کەنعانییە بتپەرستەکان بووە، خەڵکی بۆ پەرستشی هەستاون بە تێپەڕاندنی منداڵەکانیان بەناو ئاگردا. بڕوانە دووەم هەواڵی ڕۆژان ٢٨: ٣.
[i] ٤٣ خوداوەندێکی میسرییەکان بوو.
[j] ٤٣ ئامۆس ٥:٢٥-٢٧.

[٤٩]«﴿ئاسمان تەختی منە و زەویش تەختەپێمە،
چ ماڵێکم بۆ بنیاد دەنێن؟
یەزدان دەفەرموێ،
لەکوێیە شوێنی حەوانەوەم؟
[٥٠]ئایا دەستی من هەموو ئەم شتانەی
دروستنەکردووە؟﴾[a]

[٥١]«ئەی کەللەڕەقان، ئەی دڵ و گوێ خەتەنە نەکراوان! ئێوە وەك باوباپیرانتان هەمیشە بەربەرەکانێی ڕۆحی پیرۆز دەکەن! [٥٢]باوباپیرانتان چ پێغەمبەرێکیان نەچەوساندووەتەوە؟ ئەوانەشیان کوشت کە زوو باسی هاتنی ڕاستودروستەکەیان[b] دەکرد، ئەوەی ئێستا ئێوە بە گرتنتان دا و کوشتتان. [٥٣]ئێوە تەوراتتان بە ڕێنمایی فریشتەکان وەرگرت بەڵام پەیڕەوتان نەکرد.»

## کوشتنی ستیفانۆس

[٥٤]کاتێك گوێیان لەمانە بوو، دڵیان پڕبوو لە قین و ددانیان لێی جیڕکردەوە. [٥٥]بەڵام ستیفانۆس پڕ ببوو لە ڕۆحی پیرۆز، چاوی بڕییە ئاسمان، شکۆی خودای بینی و عیساش لە دەستە ڕاستی خودا وەستابوو. [٥٦]گوتی: «دەبینم ئاسمان کراوەتەوە و کوڕی مرۆڤیش لە دەستە ڕاستی خودا ڕاوەستاوە.»

[٥٧]بەمە گوێی خۆیان توند گرت و هەمووان بە دەنگێکی بەرز هاواریان کرد و تێکڕا پەلاماریان دا، [٥٨]بردییانە دەرەوەی شار و بەردبارانیان کرد. شایەتەکانیش جلەکانیان لەبەرپێی گەنجێك داکەند ناوی شاول بوو.

[٥٩]کاتێك ستیفانۆسیان بەردباران دەکرد، نوێژی دەکرد: «عیسای خاوەن شکۆ، ڕۆحم وەربگرە!» [٦٠]ئینجا چۆکی دادا و بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «ئەی مەسیحی خاوەن شکۆ، ئەم گوناهەیان لەسەر مەنووسە.» ئەمەی گوت و نوست[c].

[a] ٥٠ ئیشایا ١:٦٦-٢.
[b] ٥٢ مەبەستی عیسای مەسیحە.
[c] ٦٠ مەبەستی لە مردنە. مەسیح بە مردن دەڵێت نوستن. بڕوانە مەتا ٢٤:٩ و یۆحەنا ١١:١١.

## چەوسانەوەی باوەڕداران

٨ شاول بە کوشتنی ستیفانۆس ڕازی بوو.
هەر لەو ڕۆژەدا کڵێسا لە ئۆرشەلیم تووشی چەوسانەوەیەکی توند هات. هەموو بە ناوچەکانی یەهودیا و سامیرەدا پەرشوبڵاو بوونەوە، نێردراوان نەبێت. [٢]هەندێك پیاوی لەخواترس ستیفانۆسیان ناشت و پرسەیەکی باشیان بۆ دانا. [٣]بەڵام شاول کڵێسای لەناودەبرد، ماڵ بە ماڵ ژن و پیاوی ڕادەکێشا و فڕێیدەدانە زیندان.

## مزگێنیدەری لە سامیرە

[٤]ئەوانەی پەرشوبڵاو ببوونەوە دەگەڕان و مزگێنی وشەی خودایان بڵاودەکردەوە. [٥]فیلیپۆس بەرەو شاری سامیرە چووە خوارەوە و لەوێ مزگێنی مەسیحی بە خەڵکەکە ڕاگەیاند. [٦]خەڵکەکە بە یەك دڵ گوێیان لەوە دەگرت کە فیلیپۆس دەیگوت، کاتێك ئەو نیشانانەیان دەبیست و دەبینی کە دەیکرد. [٧]ڕۆحی پیسیش لە زۆر کەس لەوانەی تێیاندا بوو بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەردەچوون، زۆر گۆج و شەلیش چاکبوونەوە. [٨]جا خۆشییەکی گەورە ئەو شارەی گرتەوە.

[٩]پێشتر لە شارەکە پیاوێك هەبوو ناوی شیمۆن بوو، جادووی دەکرد و خەڵکی سامیرەی سەرسام کردبوو، دەیگوت: «پیاوێکی پایەبەرزم!» [١٠]گەورە و بچووك هەموو گوێیان لێ دەگرت و دەیانگوت: «ئەمەیە هێزی خودا کە پێی دەگوترێ گەورە.» [١١]ئەوان گوێیان بۆ دەگرت، چونکە لەمێژ بوو بە جادووەکەی سەرسامی کردبوون. [١٢]بەڵام کاتێك فیلیپۆس مزگێنی پاشایەتی خودا و ناوی عیسای مەسیحەوە پێدان، باوەڕیان کرد، ژن و پیاویش لە ئاو هەڵکێشران. [١٣]شیمۆنیش باوەڕی هێنا، کاتێك لە ئاو هەڵکێشرا دوای فیلیپۆس کەوت، نیشانە و پەرجووی گەورەی دەبینی دەکرا، سەرسام بوو.

[١٤]کاتێك نێردراوان لە ئۆرشەلیم بیستیان سامیرە پەیامی خودای قبوڵ کردووە، پەترۆس و یۆحەنایان بۆ ناردن. [١٥]کاتێك هاتن، نوێژیان بۆ کردن تاکو

ڕۆحی پیرۆز وەربگرن، [١٦]چونکە هێشتا ڕۆحی پیرۆز نەهاتبووە سەر کەسیان، تەنها بە ناوی عیسای خاوەن شکۆ لە ئاو هەڵکێشرابوون. [١٧]جا پەترۆس و یۆحەنا دەستیان لەسەر دانان و ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرت.

[١٨]شیمۆن بینی کە نێردراوان دەستیان لەسەر خەڵك دادەنێن ڕۆحی پیرۆز دەدرێت، پارەی بۆ هێنان و [١٩]گوتی: «ئەو دەسەڵاتە بە منیش بدەن، تاکو دەست لەسەر هەرکەسێك دابنێم ڕۆحی پیرۆز وەربگرێت.»

[٢٠]پەترۆس پێی گوت: «با زیوەکەت لەگەڵ خۆت لەناوبچێت! چونکە واتزانی بەهرەی خودا بە پارە دەبێت! [٢١]لەم شتەدا نە بەشت هەیە و نە پشك، چونکە دڵت بەرامبەر خودا ڕاست نییە. [٢٢]لەم خراپەیەت تۆبە بکە و لە مەسیحی خاوەن شکۆ بپاڕێوە بەڵکو لە مەبەستی دڵت خۆش بێت، [٢٣]چونکە دەتبینم کە پڕیت لە تاڵی و لە بەندی گوناهیت.»

[٢٤]شیمۆن گوتی: «ئێوە لە پێناوی من داوا لە مەسیحی خاوەن شکۆ بکەن، تاکو هیچ شتێك لەوەی باستان کرد بە سەرمدا نەیەت.»

[٢٥]دوای ئەوەی پەترۆس و یۆحەنا لەبارەی عیساوە شایەتییان دا و پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆیان ڕاگەیاند، گەڕانەوە ئۆرشەلیم و مزگێنییان دایە زۆر گوندی سامیرەیی.

## فیلیپۆس و وەزیری حەبەشە

[٢٦]فریشتەیەکی یەزدان بە فیلیپۆس گوت: «هەستە و بەرەو خواروو بڕۆ، لەسەر ئەو ڕێگایەی لە ئۆرشەلیمەوە بۆ غەزە شۆڕ دەبێتەوە، کە چۆڵەوانییە.» [٢٧]ئەویش هەستا و ڕۆیشت، پیاوێکی خەساوی حەبەشی، وەزیری کاروباری دارایی کنداکەی[a] شاژنی حەبەشە بوو، بۆ پەرستن هاتبووە ئۆرشەلیم. [٢٨]لە گەڕانەوەدا بوو، لەناو گالیسکەکەی دانیشتبوو، پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەری دەخوێندەوە. [٢٩]ڕۆحی پیرۆز بە فیلیپۆسی فەرموو: «بڕۆ پێش و دەگەڵ ئەو گالیسکەیە بکەوە.»

[٣٠]ئیتر فیلیپۆس پەلەی کرد و گوێی لێبوو پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەر دەخوێنێتەوە. گوتی: «ئایا ئەوەی دەیخوێنیتەوە تێیدەگەیت؟»

[٣١]گوتی: «چۆن بتوانم ئەگەر یەکێك ڕێنماییم نەکات؟» جا فیلیپۆسی بانگکرد سەربکەوێت و لەگەڵی دابنیشێت.

[٣٢]ئەو بڕگەیەی نووسراوە پیرۆزەکان کە دەیخوێندەوە ئەمە بوو:

﴿ئەو وەك مەڕ بۆ سەربڕین بردرا،
وەك چۆن بەرخ لەبەردەستی ئەوەی
خورییەکەی دەبڕێتەوە بێدەنگە،
ئەو دەمی نەکردەوە.
[٣٣]لە کاتی سووکایەتی پێکردنیدا لە دادپەروەری بێ
بەشکرا.
ئیتر کێ باسی نەوەکانی دەکات؟
چونکە ژیانی لەسەر زەوی هەڵگیرا.﴾[b]

[٣٤]خەساوەکە پرسیاری لە فیلیپۆس کرد: «پرسیارێکم هەیە: ئەم پێغەمبەرە باسی کێ دەکات؟ باسی خۆی یان یەکێکی دیکە؟» [٣٥]ئینجا فیلیپۆس لەم نووسراوە پیرۆزەوە دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی دەقەکە و مزگێنیی عیسای دایێ.

[٣٦]کاتێك بە ڕێگاوە بوون، گەیشتنە سەر ئاوێك، خەساوەکە گوتی: «ئەوە ئاوە، چی ڕێم لێ دەگرێت لە ئاو هەڵبکێشرێم؟» [٣٧][فیلیپۆس گوتی: «دەبێت، ئەگەر بە هەموو دڵتەوە باوەڕ بهێنیت.» وەڵامی دایەوە: «باوەڕ دەکەم عیسای مەسیح کوڕی خودایە.»] [٣٨]ئینجا فەرمانی دا گالیسکەکە ڕاوەستێ، ئەوسا پێکەوە چوونە ناو ئاوەکە و فیلیپۆس خەساوەکەی لە ئاو هەڵکێشا. [٣٩]کاتێك لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە، ڕۆحی یەزدان فیلیپۆسی ڕفاند و ئیتر خەساوەکە نەیبینییەوە، بەڵام بە خۆشییەوە بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت. [٤٠]فیلیپۆسیش لە ئەشدۆد بینرایەوە،

[a] ٢٧ ئافرەتێکە پاشای حەبەشە بووە.

[b] ٣٣ ئیشایا ٥٣:٧، ٨

دواتر بە هەموو شارەکاندا دەگەڕا و مزگێنی دەدا هەتا گەیشتە قەیسەرییە.

## مەسیح شاول دەگۆڕێت

٩ شاول هێشتا هەڕەشەی لە قوتابییەکانی عیسای خاوەن شکۆ دەکرد و هەوڵی کوشتنی دەدان. چوو بۆ لای سەرۆکی کاهینان، ٢داوای نامەی لێکرد بۆ کەنیشتەکانی دیمەشق، تاکو ئەگەر یەکێك ببینێت و سەر بە ڕێگاکە[a] بێت، چ ژن و چ پیاو، بە بەندکراوی بۆ ئۆرشەلیمیان ببات. ٣کە دەڕۆیشت و لە دیمەشق نزیك بووەوە، لەپڕ ڕووناکییەك لە ئاسمانەوە لە دەوروبەری بریسکەی دایەوە، ٤کەوتە سەر زەوی و گوێی لە دەنگێك بوو، پێی فەرموو: «شاول! شاول! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟»

٥شاول پرسیاری کرد: «گەورەم، تۆ کێیت؟»

فەرمووی: «من عیسام، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە. [بۆت زەحمەتە لوشکە لە نەقیزەی من باوێی.] ٦بەڵام هەستە، بڕۆ ناو شار، لەوێ پێت دەگوترێ دەبێ چی بکەیت.»

٧پیاوانی گەشتیار کە لەگەڵی بوون بە بێدەنگی وەستان، دەنگەکەیان بیست بەڵام کەسیان نەبینی. ٨شاول لەسەر زەوییەکە هەستایەوە، چاوی کرابووەوە و هیچی نەدەبینی، دەستیان گرت و هێنایانە ناو دیمەشق. ٩سێ ڕۆژان هیچی نەبینی، هیچی نەخوارد و هیچی نەخواردەوە.

١٠لە دیمەشق قوتابییەك هەبوو ناوی حەنانیا بوو، مەسیحی خاوەن شکۆ لە بینیندا پێی فەرموو: «حەنانیا!»

گوتی: «ئەوەتام گەورەم!»

١١مەسیح پێی فەرموو: «هەستە و بڕۆ ئەو شەقامەی پێی دەگوترێ ڕاست، لە ماڵی یەهوزا پرسیار لە پیاوێکی تەرسۆسی بکە ناوی شاولە، وا نوێژ دەکات. ١٢لە بینیندا پیاوێکی بۆ دەرکەوت بە ناوی حەنانیا کە دێتە لای و دەستی لە سەری دادەنێت تاکو بینایی بۆ بگەڕێتەوە.»

١٣حەنانیا وەڵامی دایەوە: «گەورەم، لە زۆر کەس ئەو خراپانەم بیستووەتەوە کە ئەم پیاوە لە ئۆرشەلیم بە گەلە پیرۆزەکەی تۆی کردووە. ١٤ئەوەتا لێرە لە کاهینانی باڵاوە دەسەڵاتی هەیە، هەموو ئەوانە بگرێت کە بە ناوی تۆ دەپاڕێنەوە.»

١٥بەڵام مەسیح پێی فەرموو: «بڕۆ! ئەم پیاوە بۆ من ئامێرێکی هەڵبژێردراوە بۆ هەڵگرتنی ناوی من لەبەردەم نەتەوەکان و پاشایان و نەوەی ئیسرائیل. ١٦پیشانی دەدەم دەبێت لەبەر ناوی من چەند ئازار بچێژێت.»

١٧حەنانیاش ڕۆیشت و چووە ماڵەکە، دەستی لەسەری دانا و گوتی: «برام شاول، عیسای خاوەن شکۆ منی ناردووە، ئەوەی لەو ڕێگایەی پێیدا هاتی بۆت دەرکەوت، تاکو دیسان ببینیت و پڕبیت لە ڕۆحی پیرۆز.» ١٨دەستبەجێ شتێکی وەك توێکڵ لە چاوەکانی کەوتە خوارەوە، ئینجا بینی، هەستا و لە ئاو هەڵکێشرا. ١٩نانی خوارد، هێزی هاتەوە بەر و بۆ چەند ڕۆژێك لە دیمەشق لەگەڵ قوتابییەکان بوو.

## مژدەدانی شاول لە دیمەشق

٢٠یەکسەر لە کەنیشتەکاندا عیسای ڕادەگەیاند، کە کوڕی خودایە. ٢١هەموو ئەوانەی گوێیان دەگرت سەرسام ببوون و دەیانگوت: «ئەمە ئەوە نییە ئەوانەی لەناودەبرد کە لە ئۆرشەلیم بەم ناوە دەپاڕانەوە؟ بۆ ئەمەش نەهاتە ئێرە، تاکو بە بەندکراوی بۆ کاهینانی باڵا بیانبات؟» ٢٢بەڵام شاول توانادارتر دەبوو، جولەکەی دانیشتووی دیمەشقی دەمکوت دەکرد و دەریدەخست کە عیسا مەسیحە.

٢٣پاش ماوەیەکی زۆر، جولەکە پیلانیان دانا بیکوژن، ٢٤بەڵام شاول بە پیلانەکەیانی زانی. ئەوان شەو و ڕۆژ چاودێری دەروازەکانیان دەکرد تاکو بیکوژن. ٢٥بۆیە قوتابییەکان بە شەو بردییان و لەناو سەبەتەیەکدا لە شووراکەوە شۆڕیان کردەوە.

## شاول لە ئۆرشەلیم

٢٦کاتێك گەیشتە ئۆرشەلیم، هەوڵی دا بچێتە پاڵ

[a] ٢ ڕێگای پاشایەتی عیسا، بڕوانە کردار ١٤:٢٤.

قوتابییەکان، بەڵام هەموو لێی ترسان و باوەڕیان نەدەکرد کە قوتابییە. [٢٧]بەڵام بەرناباس بردی و هێنایە لای نێردراوان، بۆی گێڕانەوە چۆن لە ڕێگادا عیسای خاوەن شکۆی بینیوە و قسەی لەگەڵ کردووە، هەروەها چۆن لە دیمەشق ئازایانە بە ناوی عیساوە مزگێنیی ڕاگەیاندووە. [٢٨]ئیتر لەگەڵیان لە ئۆرشەلیم دەهات و دەچوو، بە چاونەترسییەوە بە ناوی عیسای خاوەن شکۆوە مزگێنیی ڕادەگەیاند. [٢٩]هەروەها قسە و مشتومڕی لەگەڵ جولەکە یۆنانییەکان دەکرد، ئەوانیش هەوڵیان دا بیکوژن. [٣٠]کاتێک باوەڕداران بەمەیان زانی بردییانە قەیسەرییە و بۆ تەرسۆسیان نارد.

[٣١]کڵێساش لە هەموو یەهودیا و جەلیل و سامیرەدا لە ئارامیدا بوو، بنیاد دەنرا و لە سایەی ترسی مەسیحی خاوەن شکۆ و دڵنەوایی ڕۆحی پیرۆزدا لە زیادبووندا بوو.

## پەترۆس لە شاری لودە و یافا

[٣٢]ئەوە بوو کە پەترۆس بە هەموو ناوچەکاندا تێدەپەڕی، بۆ لای گەلی پیرۆزی خودا لە شاری لودە دابەزی. [٣٣]لەوێ پیاوێکی بینی ناوی ئینیاس بوو، هەشت ساڵ لەناو جێگا کەوتبوو، ئیفلیج بوو. [٣٤]پەترۆس پێی گوت: «ئینیاس، عیسای مەسیح چاکت دەکاتەوە. هەستە جێگاکەت ڕابخە!» دەستبەجێ هەستا. [٣٥]هەموو ئەوانەی لە لودە و شارون دادەنیشتن بینییان، ئیتر بەرەو لای مەسیحی خاوەن شکۆ گەڕانەوە.

[٣٦]قوتابییەک لە یافا هەبوو ناوی تابیسا بوو، واتە ئاسک[a]، پڕبوو لە چاکەکاری و خێرکردن. [٣٧]ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا نەخۆش کەوت و مرد، جا شوشتیان و لە ژوورێکی سەرەوە دایاننا. [٣٨]لودەش لە یافا نزیک بوو، قوتابییەکان بیستیان پەترۆس لەوێیە، دوو پیاویان بۆ نارد و تکایان لێکرد: «لە هاتن بۆ لامان دوامەکەوە.»
[٣٩]پەترۆس هەستا و لەگەڵیان ڕۆیشت، کاتێک گەیشت، بردییانە ژووری سەرەوە، هەموو

[a] ٣٦ یۆنانی: دۆرکەس: ئاسک

بێوەژنەکان لەلای وەستان، دەگریان و ئەو کراس و جلانەیان پیشانی دەدا کە ئاسکە کاتێک لەگەڵیان بوو کردبووی.
[٤٠]پەترۆس هەموویانی ناردە دەرەوە، کەوتە سەر چۆک و نوێژی کرد، ئینجا ڕووی کردە تەرمەکە و گوتی: «تابیسا، هەستە!» ئەویش چاوی کردەوە و کاتێک پەترۆسی بینی دانیشت. [٤١]ئیتر دەستی بۆ ڕاکێشا و هەڵیستاندەوە، ئینجا باوەڕداران و بێوەژنانی بانگکرد و بە زیندوویی ڕادەستی کردنەوە. [٤٢]ئەمە لە هەموو یافا زانرا و زۆریش باوەڕیان بە مەسیح هێنا. [٤٣]ڕۆژانێکی زۆریش پەترۆس لە یافا لەلای پێستەخۆشکەرێک مایەوە، ناوی شیمۆن بوو.

## پەترۆس و کۆرنیلیۆس

١٠ لە شاری قەیسەرییە پیاوێک بە ناوی کۆرنیلیۆس هەبوو، سەرپەل[b] بوو لەو لیوایەی پێی دەگوترا ئیتالی. [٢]خۆی و هەموو ماڵەکەی خواپەرست و لەخواترس بوون، زۆر هاوکاری خەڵکی هەژاری دەکرد و هەموو کاتێک نوێژی بۆ خودا دەکرد. [٣]نزیکەی کاتژمێر سێی[c] دوای نیوەڕۆ، بە ڕوونی فریشتەیەکی خودا لە بینینێکدا هاتە لای و پێی گوت: «کۆرنیلیۆس!»
[٤]بە ترسەوە سەیری کرد و گوتی: «بەڵێ گەورەم؟»
پێی گوت: «نوێژەکانت و چاکەکانت وەک یادەوەری بەرز بوونەتەوە بەردەم خودا. [٥]ئێستا چەند پیاوێک بۆ یافا بنێرە، ئەو شیمۆنەی پێی دەگوترێ پەترۆس بیهێنن. [٦]لە ماڵی شیمۆنی پێستەخۆشکەرە، ماڵەکەی لەسەر دەریایە.»
[٧]کاتێک فریشتەکە قسەی لەگەڵی کرد، ڕۆیشت، دووان لە خزمەتکارەکانی و سەربازێکی خواپەرست بانگکرد کە یەکێک بوو لە دارودەستە تایبەتەکەی، [٨]هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە و ناردیانی بۆ یافا.

[b] ١ وشە یۆنانییەکە مەبەست لە سەرکردەی سەد سەربازە لە سوپای ڕۆم.
[c] ٣ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

## بینینی پەترۆس

[٩]بۆ بەیانی، کاتێك بە ڕێگاوە بوون و لە شارەکە
نزیك دەبوونەوە، نزیکەی کاتژمێر دوازدە[a]، پەترۆس
بۆ نوێژکردن چووە سەربان. [١٠]ئەوە بوو برسی بوو،
ئارەزووی نانخواردنی دەکرد، کاتێك ئامادەیان
دەکرد، لەهۆش خۆی چوو. [١١]ئاسمانی بە کراوەیی
بینی، شتێك لە شێوەی چەرچەفێکی گەورە دەهاتە
خوارەوە بۆ سەر زەوی کە لە هەر چوار لاوە گرێدرا
بوو. [١٢]هەموو جۆرە ئاژەڵی چوارپێ و خشۆکی سەر
زەوی و باڵندەی ئاسمانی تێدابوو. [١٣]ئینجا دەنگێك
بانگی کرد: «پەترۆس هەستە، سەربڕە و بخۆ!»
[١٤]پەترۆس گوتی: «نەخێر، ئەی خاوەن شکۆ،
چونکە هەرگیز شتی گڵاو یان حەرامم نەخواردووە.»
[١٥]دیسان دەنگەکە لەگەڵی دوا: «ئەوەی خودا
پاکی کردووەتەوە تۆ بە گڵاوی دامەنێ.»
[١٦]ئەمەش سێبارە بووەوە و دەستبەجێ
چەرچەفەکە بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە.
[١٧]کە پەترۆس سەرسام بوو ئاخۆ دەبێت ئەو
بینینە چی بێت، ئەو پیاوانەی کە کۆرنیلیۆس
ناردبوونی، بە پرسیار ماڵی شیمۆنیان دۆزییەوە و لە
بەردەرگا وەستان. [١٨]بانگیان کرد و پرسییان، ئاخۆ ئەو
شیمۆنەی نازناوی پەترۆسە لێرەیە.
[١٩]لە کاتێکدا پەترۆس هەر بیری لە بینینەکە
دەکردەوە، ڕۆحی پیرۆز پێی فەرموو: «سێ پیاو لە
بەردەرگا لێت دەپرسن. [٢٠]هەستە بڕۆ خوارەوە و بێ
دوودڵی لەگەڵیان بڕۆ، چونکە من ئەوانم ناردووە.»
[٢١]پەترۆسیش بۆ لای پیاوەکان هاتە خوارەوە و
گوتی: «ئەوەی دەتانەوێ منم. بۆچی هاتوون؟»
[٢٢]گوتیان: «کۆرنیلیۆسی سەرپەل، پیاوێکی
ڕاستودروست و لەخواترسە، هەموو گەلی جولەکەش
شایەتی بۆ دەدەن. بەهۆی فریشتەیەکی پیرۆز
ڕێنمایی کرا کە بۆ ماڵەکەی خۆی بانگت بکات
و گوێ لە قسەکانت بگرێت.» [٢٣]جا پەترۆس بۆ
ژوورەوە بانگهێشتی کردن و میوانداری کردن.

[a] ٩ یۆنانی: کاتژمێری شەشەم.

## پەترۆس لە ماڵی کۆرنیلیۆس

بۆ بەیانی پەترۆس هەستا و لەگەڵیان ڕۆیشت،
هەروەها هەندێك لە باوەڕدارانی خەڵکی یافاش
یاوەری بوون. [٢٤]بۆ ڕۆژی دووەم چوو بۆ قەیسەرییە.
کۆرنیلیۆس چاوەڕێی دەکردن، خزم و دۆستانی
نزیکی خۆی کۆکردبووەوە. [٢٥]کاتێك پەترۆس هاتە
ژوورەوە، کۆرنیلیۆس پێشوازی لێکرد و لەبەرپێی
کەوت و کڕنۆشی برد. [٢٦]پەترۆس هەڵیستاندەوە و
گوتی: «هەستە! منیش مرۆڤم!»
[٢٧]کاتێك پەترۆس قسەی لەگەڵ دەکرد چووە
ژوورەوە و خەڵکێکی زۆری بینی کۆبوونەتەوە،
[٢٨]پێی گوتن: «دەزانن بۆ جولەکە ڕێپێنەدراوە
تێکەڵاوی ناجولەکە بێت یان بچێتە لای. بەڵام خودا
پیشانی دام بە کەس نەڵێم گڵاو یان پیس[b]. [٢٩]بۆیە
کە بانگکرام بێ نارەزایی دەربڕین هاتم. پرسیاریش
دەکەم، بۆچی منتان بانگکرد؟»
[٣٠]کۆرنیلیۆس گوتی: «چوار ڕۆژ لەمەوبەر،
لەم کاتەدا کە کاتژمێر سێی[c] پاش نیوەڕۆ بوو،
لە ماڵی خۆم نوێژم دەکرد. لەپڕ پیاوێك بە جلی
بریسکەدارەوە لەبەردەمم ڕاوەستا، [٣١]گوتی:
”کۆرنیلیۆس نوێژەکانت بیستران و خێرەکانت
لەبەردەم خودا یادکرانەوە. [٣٢]بۆیە بۆ یافا بەدوای
شیمۆندا بنێرە کە نازناوی پەترۆسە. لە ماڵی شیمۆنی
پێستەخۆشکەرە، لەسەر دەریا.“ [٣٣]منیش دەستبەجێ
بەدوای تۆدا ناردم، تۆش چاکت کرد کە هاتی. ئێستا
هەموو لەبەردەم خودا ئامادەین، تاکو گوێ بگرین
لە هەموو ئەوەی پەروەردگار فەرمانی پێکردووی.»

## وتاری پەترۆس

[٣٤]پەترۆس دەمی کردەوە و گوتی: «لەڕاستیدا
تێگەیشتم خودا لایەنگری کەس ناکات، [٣٥]بەڵکو
لە هەر نەتەوەیەك ئەوەی ترسی ئەوی لە دڵدا
بێت و کاری ڕاستودروست بکات، لەلای پەسەندە.
[٣٦]ئەو پەیامە دەزانن کە خودا بۆ گەلی ئیسرائیلی

[b] ٢٨ بڕوانە ١٠:١٤.
[c] ٣٠ یۆنانی: کاتژمێری نۆیەم.

نارد، مزگێنیی ئاشتی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ڕادەگەیەنێت، کە پەروەردگاری هەمووانە. [٣٧]ئەو شتانە دەزانن کە لە هەموو یەهودیا ڕوویدا، بە دەستپێکردن لە جەلیلەوە دوای ئەوەی یەحیا لەئاوهەڵکێشانەکەی ڕاگەیاند، [٣٨]چۆن خودا بە ڕۆحی پیرۆز و هێز عیسای ناسیرەیی دەستنیشان کرد[a]، ئەوەی دەگەڕا و چاکەی دەکرد و هەموو ئەوانەی ئیبلیس دەستی بەسەریاندا گرتبوو چاکی دەکردنەوە، چونکە خودا لەگەڵی بوو.

[٣٩]«ئێمە شایەتی هەموو ئەو شتانەین کە لە ناوچەی یەهودیا و ئۆرشەلیم کردی. ئەوەی بە هەڵواسینی بە دارەوە کوشتیان، [٤٠]بەڵام خودا لە ڕۆژی سێیەمدا لەنێو مردوواندا هەڵیستاندەوە وای کرد دەربکەوێت، [٤١]نەك بۆ هەموو گەل، بەڵکو بۆ ئەو شایەتانەی کە خودا پێشتر هەڵیبژاردن، بۆ ئێمە کە پاش هەستانەوەی لەنێو مردووان، لەگەڵیدا خواردمان و خواردمانەوە. [٤٢]ئینجا فەرمانی پێداین جاڕبدەین بۆ گەل و شایەتی بدەین کە خودا ئەوی بە دادوەری زیندووان و مردووان داناوە. [٤٣]هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەرکەسێك باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت.»

## وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز

[٤٤]کاتێك پەترۆس باسی ئەم شتانەی دەکرد، ڕۆحی پیرۆز ڕژایە سەر هەموو ئەوانەی گوێیان لە وشەکە گرتبوو. [٤٥]ئەو باوەڕدارانەی لە خەتەنەکراوان بوون سەریان سوڕما، هەموو ئەوانەی لەگەڵ پەترۆس بوون، چونکە وەك دیارییەك ڕۆحی پیرۆز بەسەر نەتەوەکانیشدا ڕژا، [٤٦]چونکە گوێیان لێیان بوو بە زمانە ڕۆحییەکان دەدوێن و ستایشی خودا دەکەن.

ئینجا پەترۆس گوتی: [٤٧]«کەس هەیە ڕێگا بگرێت لە ئەمانەی وەك ئێمە ڕۆحی پیرۆزیان وەرگرتووە لە ئاو هەڵنەکێشرێن؟» [٤٨]بۆیە فەرمانی پێدان بە ناوی عیسای مەسیح لە ئاو هەڵبکێشرێن. ئینجا داوایان لە پەترۆس کرد چەند ڕۆژێك بمێنێتەوە.

## ڕوونکردنەوەی پەترۆس

١١ نێردراوان و باوەڕداران کە لە یەهودیا بوون بیستیان کە ناجولەکەکانیش پەیامی خودایان وەرگرتووە. [٢]کاتێك پەترۆس گەڕایەوە ئۆرشەلیم باوەڕدارانی خەتەنەکراو ڕەخنەیان لێ گرت و [٣]دەیانگوت: «تۆ چوویتە ماڵی خەڵکێکی خەتەنە نەکراو و نانت لەگەڵیان خواردووە!»

[٤]جا پەترۆس یەك لەدوای یەك دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەوانەی کە ڕوویدابوو، گوتی: [٥]«لە شاری یافا بووم نوێژم دەکرد، لەهۆش خۆم چووم و بینینێکم بۆ ئاشکرا کرا، شتێك لە ئاسمانەوە وەك چەرچەفێکی گەورە بە هەر چوار لایەوە بۆ لای من شۆڕکرایەوە. [٦]سەیرم کرد و لێی وردبوومەوە، چوارپێی زەوی و ئاژەڵی کێوی، خشۆك و باڵندەی ئاسمانم بینی. [٧]ئینجا گوێم لە دەنگێك بوو پێی فەرمووم: ”پەترۆس هەستە، سەربڕە و بخۆ!“

[٨]«بەڵام گوتم: ”نەخێر، ئەی پەروەردگار، چونکە هەرگیز گڵاو و حەرام نەچووەتە دەمم.“

[٩]«دەنگەکە دووبارە لە ئاسمانەوە فەرمووی: ”ئەوەی خودا پاکی کردووەتەوە تۆ بە گڵاوی دامەنێ.“ [١٠]ئەمە سێبارە بووەوە و هەموو شتەکان بۆ ئاسمان ڕاکێشرانەوە.

[١١]«ئەوە بوو یەکسەر سێ پیاو لەپێش ئەو ماڵە ڕاوەستان کە ئێمەی لێبوو، لە قەیسەرییەوە بۆ لام نێردرابوون، [١٢]ڕۆحی پیرۆز پێی فەرمووم کە بێ دوودڵی لەگەڵیان بڕۆم، ئەم شەش برایەش لەگەڵم هاتن و چووینە ماڵی پیاوەکە. [١٣]ئەویش بۆی گێڕاینەوە چۆن فریشتەی لە ماڵەکەیدا بینیوە ڕاوەستاوە و گوتوویەتی: ”بنێرە بۆ یافا بەدوای شیمۆندا کە نازناوی پەترۆسە، [١٤]ئەو پەیامێکتان دەداتێ بەهۆیەوە خۆت و هەموو ماڵەکەت ڕزگارتان دەبێت.“

[a] ٣٨ لە پەیمانی کۆن داود لەلایەن ساموئێلەوە چەورکرا کە هەڵبژاردەی خودایە، ئەم چەورکردنەش وەکو نەریتێك بەردەوام بوو بۆ ڕزگاریی خودا.

[١٥]«کاتێك دەستم بە قسە کرد، ڕۆحی پیرۆزیان بەسەردا ڕژا، وەك لە سەرەتادا هاتە سەر ئێمەش. [١٦]قسەکەی عیسای خاوەن شکۆم بەبیر هاتەوە کە فەرمووی: ”یەحیا لەئاوهەڵکێشانی کرد، بەڵام ئێوە لە ڕۆحی پیرۆز هەڵدەکێشرێن.“ [١٧]جا ئەگەر خودا هەمان بەهرەی بەوان دابێت هەروەك بە ئێمەی داوە کە باوەڕمان بە عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ هێنا، ئیتر من کێم بتوانم ڕێگا لە خودا بگرم؟»

[١٨]کاتێك گوێیان لەمە بوو، بێدەنگ بوون و ستایشی خودایان کرد، گوتیان: «کەواتە خودا تۆبەکردنی بۆ ژیان بە نەتەوەکانیش بەخشیوە.»

## کڵێسای ئەنتاکیا

[١٩]ئینجا ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو چەوسانەوەیەی بەسەر ستیفانۆسدا هات پەرشوبڵاو بوونەوە، پەڕینەوە بۆ فینیکیا و قوبرس و ئەنتاکیا، باسی پەیامی خودایان بۆ کەس نەدەکرد، بۆ جولەکە نەبێت. [٢٠]بەڵام هەندێکیان خەڵکی قوبرس و کورێن[a] بوون، کاتێك هاتنە ئەنتاکیا، قسەیان بۆ یۆنانییەکان دەکرد و مزگێنیی عیسای خاوەن شکۆیان دەدا. [٢١]یەزدان پشتگیری کردن، ژمارەیەکی زۆر باوەڕیان هێنا و بۆ عیسای خاوەن شکۆ گەڕانەوە.

[٢٢]ئەم هەواڵە گەیشتە کڵێسای ئۆرشەلیم، ئەوانیش بەرناباسیان بۆ ئەنتاکیا نارد. [٢٣]کاتێك گەیشت و نیعمەتی خودای بینی، دڵشاد بوو، هەمووانی هاندا بە هەموو دڵیانەوە لەگەڵ مەسیحی خاوەن شکۆ بمێننەوە، [٢٤]چونکە پیاوچاك بوو، پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و باوەڕ. خەڵکێکی زۆریش هاتنە پاڵ مەسیحی خاوەن شکۆ.

[٢٥]ئەوسا چوو بۆ تەرسۆس تاکو بەدوای شاولدا بگەڕێت، [٢٦]کاتێك دۆزییەوە بۆ ئەنتاکیای هێنا. ئیتر ساڵێکی تەواو لە کڵێسا کۆبوونەوە و خەڵکێکی زۆریان فێرکرد. یەکەم جاریش لە ئەنتاکیا قوتابییەکان ناویان لێنرا مەسیحی[b].

[٢٧]لەو ڕۆژانەدا هەندێك پێغەمبەر لە ئۆرشەلیمەوە هاتنە ئەنتاکیا، [٢٨]یەکێك لەوان ناوی ئاگابۆس بوو، هەستا و لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە پێشبینیی کرد کە قاتوقڕییەکی گەورە هەموو جیهان دەگرێتەوە، ئەوەی لە سەردەمی کلودیۆسیش ڕوویدا. [٢٩]بۆیە قوتابییەکان بڕیاریان دا هەریەکە بەگوێرەی توانای خۆی یارمەتی بنێرێت بۆ ئەو خوشك و برایانەی لە یەهودیا دەژین. [٣٠]جا بەمە هەستان و بە دەستی بەرناباس و شاول بۆ پیرانییان نارد.

## دەربازکردنی پەترۆس

١٢ لەو کاتەدا هێرۆدسی پاشا[c] دەستی کرد بە چەوساندنەوەی چەند کەسێکی کڵێسا. [٢]هەروەها یاقوبی برای یۆحەنای بە شمشێر کوشت. [٣]کە بینی ئەمە جێی ڕەزامەندی جولەکەیە، پەترۆسیشی گرت، ئەمەش لە ڕۆژانی جەژنی فەتیرەدا بوو. [٤]کاتێك هێرۆدس پەترۆسی گرت، خستییە زیندانەوە، بۆ ئەوەی پاسەوانی لێ بکرێت دایە دەست چوار کۆمەڵی چوار سەربازی، دەیویست دوای جەژنی پەسخە بیهێنێتە بەردەم گەل.

[٥]بۆیە کاتێك پەترۆس زیندانی کرابوو، کڵێسا بە گوڕ لە پێناوی ئەو نوێژیان بۆ خودا دەکرد.

[٦]بەڵام کاتێك هێرۆدس بەتەمابوو بیهێنێتە دەرەوە، لەو شەوەدا پەترۆس لەنێوان دوو سەربازدا نوستبوو، بە دوو زنجیر بەسترابووەوە، لە بەردەرگاش پاسەوان هەبوو، پاسەوانی زیندانەکەیان دەکرد. [٧]لەپڕ فریشتەیەکی یەزدان دەرکەوت و ڕووناکییەك لەناو ژوورەکە درەوشایەوە، جا کەلەکەی پەترۆسی جوڵاند و خەبەری کردەوە، گوتی: «خێرا هەستە!» ئیتر زنجیرەکان لە دەستەکانی کەوتن.

[٨]فریشتەکە پێی گوت: «پشتێنەکەت ببەستە و پێڵاوەکانت لە پێ بکە!» ئەویش کردی. ئینجا پێی گوت: «سەرکراسەکەت لەبەر بکە و دوام بکەوە.» [٩]پەترۆسیش دوای کەوت و لە بەندینخانە چووە

[a] ٢٠ گەورەترین شار لە وڵاتی لیبیا لەو سەردەمە.
[b] ٢٦ یۆنانی: کریستیانۆی.
[c] ١ مەبەستی لە هێرۆدس ئەگریپاسە کە لە ٤١ بۆ ٤٤ ز. فەرمانڕەوای فەلەستین بوو.

دەرەوە، نەیدەزانی ئەوەی لە ڕێگەی فریشتەکەوە ڕوودەدات ڕاستە، بەڵکو وایدەزانی بینینێکی بۆ ئاشکرا کراوە. [١٠]پاسەوانی یەکەم و دووەمیان بڕی و گەیشتنە دەروازە ئاسنینەکەی بەرەو شار، لە خۆیەوە بۆیان کرایەوە، تێپەڕین و شەقامێکیان بڕی، لەناکاو فریشتەکە بەجێی هێشت.

[١١]ئینجا پەترۆس بەخۆیدا هاتەوە و گوتی: «ئێستا بەڕاستی زانیم کە یەزدان فریشتەکەی نارد و لە دەستی هێرۆدس و هەموو ئەوەی گەلی جولەکە چاوەڕێی بوو دەربازی کردم.»

[١٢]کە ئەمە تێگەیشت، هاتە ماڵی مریەمی دایکی یۆحەنا کە پێی دەگوترا مەرقۆس، زۆر لەوێدا کۆببوونەوە نوێژیان دەکرد. [١٣]کە پەترۆس لە دەرگای دالانەکەی دا، کارەکەرێك هات ناوی ڕودا بوو تاکو بزانێت کێیە. [١٤]کاتێك دەنگی پەترۆسی ناسییەوە، بێ کردنەوەی دەرگاکە لە خۆشییاندا ڕایکردە ژوورەوە و خەبەری دا کە پەترۆس لە بەردەرگا ڕاوەستاوە.

[١٥]پێیان گوت: «وڕێنە دەکەیت.» بەڵام ئەو لەسەر قسەکەی سووربوو، گوتیان: «ئەوە فریشتەکەیەتی!»

[١٦]بەڵام پەترۆس لە لێدانەکە بەردەوام بوو، کاتێك لێیان کردەوە و بینییان، سەرسام بوون. [١٧]بە دەست ئیشارەتی بۆ کردن بێدەنگ بن، ئینجا بۆی گێڕانەوە چۆن یەزدان لە زیندان دەریهێنا، پێی گوتن: «ئەمە بە یاقوب[a] و خوشك و برایان بڵێن.» ئینجا چووە دەرەوە و بۆ شوێنێکی دیکە ڕۆیشت.

[١٨]کە ڕۆژبووەوە ئاژاوەیەکی گەورە لەنێو سەربازەکاندا دروستبوو، ئاخۆ پەترۆس چی لێهات. [١٩]کاتێك هێرۆدس داوای کرد و نەیدۆزییەوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ سەربازان کرد و فەرمانی دا بکوژرێن.

## مردنی هێرۆدسی ئەگریپاس

ئینجا هێرۆدس لە یەهودیاوە چوو بۆ قەیسەرییە و لەوێ مایەوە. [٢٠]هێرۆدس لە خەڵکی سور و سەیدا زۆر تووڕە بوو، ئەوانیش بە یەك دڵ بۆ لای هاتن و بلاستۆسی سەرپەرشتیاری ماڵی پاشایان ڕازی کرد و داوای ئاشتبوونەوەیان کرد، چونکە ناوچەکەیان لە ناوچەی پاشاوە ئازووقەی بۆ دەهات.

[٢١]لە ڕۆژی دیاریکراودا هێرۆدس جلی پاشایەتیی لەبەرکرد، لەسەر کورسی حوکمدان دانیشت و وتاری بۆیان دا. [٢٢]خەڵکەکەش هاواریان کرد: «ئەمە دەنگی خوداوەندێکە هی مرۆڤ نییە!» [٢٣]دەستبەجێ فریشتەیەکی یەزدان لێیدا، چونکە شکۆی نەدایە خودا، کرمیش لێیدا و مرد.

[٢٤]بەڵام پەیامی خودا بەردەوام لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو.

[٢٥]بەرناباس و شاولیش دوای تەواوکردنی خزمەتەکە لە ئۆرشەلیم گەڕانەوە، یۆحەناشیان لەگەڵ خۆیان برد، کە بە مەرقۆس ناسراوە بوو.

## هەڵبژاردنی بەرناباس و شاول

١٣ لە کڵێسای ئەنتاکیادا چەند پێغەمبەر و مامۆستایەك هەبوون: بەرناباس، شیمۆنی ناسراو بە ڕەش، لوکیوسی کورێنی، مەنایەنی شیربرای هێرۆدسی ئەنتیپاس پاشا، لەگەڵ شاول. [٢]کاتێك عیسای خاوەن شکۆیان دەپەرست و بەڕۆژوو بوون، ڕۆحی پیرۆز فەرمووی: «بەرناباس و شاولم بۆ تەرخان بکەن، بۆ ئەو کارەی بانگم کردوون بۆی.» [٣]ئینجا بەڕۆژوو بوون و نوێژیان کرد، دەستیان لەسەر دانان و بەڕێیانکردن.

## شاول و بەرناباس لە قوبرس

[٤]ئەوانیش کە بە ڕۆحی پیرۆز نێردران، بەرەو سولوکیا دابەزین و لەوێشەوە بە دەریادا بۆ قوبرس. [٥]کاتێك گەیشتنە سەلامیس، پەیامی خودایان لە کەنیشتەکانی جولەکە ڕاگەیاند، یۆحەناش وەك یاریدەدەر لەگەڵیان بوو.

[٦]بە هەموو دوورگەکەدا گەڕان هەتا گەیشتنە پافۆس. لەوێ تووشی جادووگەرێکی جولەکە بوون پێغەمبەرێکی درۆزن بوو، ناوی بارئیسا بوو، [٧]لەگەڵ

[a] ١٧ برای مەسیح. بڕوانە گەلاتیا ١٩:١.

سرگیۆس پۆڵسی فەرمانڕەوا[a] بوو، کە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو. بەرناباس و شاولی بانگکرد، داوای کرد گوێی لە پەیامی خودا بێت. [٨]بەڵام ئەلیماسی جادووگەر، ئەمە واتای ناوەکەی بوو، بەربەرەکانێی کردن و هەوڵی دا فەرمانڕەوا لە باوەڕ لابدات. [٩]کەچی شاول کە پۆڵسی پێ دەگوترا، پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و تێیڕووانی، [١٠]گوتی: «ئەی پڕ لە هەموو جۆرە فرتوفێڵێك! کوڕی شەیتان! دوژمنی هەموو ڕاستودروستییەك! لە خوارکردنی ڕێگای ڕاستی یەزدان ناوەستی؟ [١١]ئەوەتا دەستی یەزدان لە دژی تۆیە و کوێر دەبیت، بۆ ماوەیەك خۆر نابینی.»

دەستبەجێ تەم و تاریکی دایپۆشی و بەدوای یەکێکدا گەڕا تاکو دەستی بگرێت. [١٢]کاتێك فەرمانڕەواکە بینی چ ڕوویدا، باوەڕی هێنا، لە فێرکردنەکەی مەسیحی خاوەن شکۆ سەرسام بوو.

## لە ئەنتاکیای پیسیدیا

[١٣]پۆڵس و هاوڕێیانی بە دەریادا لە پافۆسەوە چوونە پەرگە لە پامفیلیا[b]. بەڵام یۆحەنا لێیان جیا بووەوە و گەڕایەوە ئۆرشەلیم. [١٤]ئەوانیش بە پەرگەدا هاتنە ئەنتاکیای پیسیدیا، شەممەش چوونە کەنیشت و دانیشتن. [١٥]پاش خوێندنەوەی تەورات و پەڕتووکی پێغەمبەران، پێشەوایانی کەنیشتەکە بۆیان ناردن و پێیان گوتن: «برایان، ئەگەر شتێکتان هەیە گەلی پێ هانبدەن، بیڵێن.»

[١٦]پۆڵس هەستا و بە دەست ئاماژەی کرد، گوتی: «پیاوانی ئیسرائیل و ئەو ناجولەکانەی کە لە خودا دەترسن، گوێ بگرن: [١٧]خودای ئەم گەلەی ئیسرائیل باوباپیرانی ئێمەی هەڵبژارد و لە کاتی ئاوارەبوونیان لە خاکی میسردا کردنی بە گەلێکی مەزن، ئینجا بە بازوویەکی بەهێز لەوێ دەریهێنان. [١٨]نزیکەی چل ساڵیش لە چۆڵەوانی بەرگەی ڕەفتاری ئەوانی گرت، [١٩]ئینجا حەوت نەتەوەی لە خاکی کەنعان لەناوبرد و خاکەکەیانی بە میرات پێدان. [٢٠]ئەمە هەمووی نزیکەی چوار سەد و پەنجا ساڵی خایاند.

«لەدوای ئەمە خودا دادوەری بۆ دانان هەتا سەردەمی ساموئێل پێغەمبەر. [٢١]ئینجا داوای پاشایان کرد، خوداش شاولی کوڕی قیشی پێدان، پیاوێکە لە تیرەی بنیامین، بۆ ماوەی چل ساڵ پاشایەتی کردن. [٢٢]پاشان لایبرد و داودی کردە پاشایان، ئەوەی شایەتی بۆ دا و فەرمووی: ﴿داودی کوڕی یەسام دۆزییەوە، پیاوێکە بە دڵی خۆم، ئەوەی هەموو خواستی من جێبەجێ دەکات.﴾[c]

[٢٣]«لە نەوەی ئەوەوە، خودا بەگوێرەی بەڵێنەکەی عیسای ڕزگارکەری بۆ ئیسرائیل هێنا. [٢٤]پێش هاتنی عیسا، یەحیا لەئاوهەڵکێشانی تۆبەی بۆ هەموو گەلی ئیسرائیل ڕاگەیاند. [٢٥]کاتێك یەحیا خەریك بوو ئەرکەکەی تەواو دەکرد، گوتی: ”وادەزانن من کێم؟ ئەو نیم. ئەوەتا ئەوەی لەدوای من دێت، ئەوەی من شایانی ئەوە نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە.“

[٢٦]«خەڵکینە، برایان، کوڕانی پشتی ئیبراهیم و ئەو ناجولەکانەی لەنێوتاندا لە خودا دەترسن، پەیامی ئەم ڕزگارییە بۆ ئێمە نێردراوە. [٢٧]دانیشتووانی ئۆرشەلیم و ڕابەرەکانیان مەسیحیان نەناسی، کەچی کاتێك تاوانباریان کرد وتەی پێغەمبەرانیان هێنایە دی کە هەموو شەممەیەك دەخوێنرێتەوە. [٢٨]جا لەگەڵ ئەوەی هیچ هۆیەکیان بۆ مردن نەدۆزییەوە، داوایان لە پیلاتۆس کرد بیکوژێت. [٢٩]دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەیان تەواو کرد کە لەسەری نووسراوە، لە دار هێنایانە خوارەوە و خستیانە گۆڕ. [٣٠]بەڵام خودا لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە، [٣١]ماوەیەکی درێژیش بۆ ئەوانە دەرکەوت کە لە جەلیلەوە تاکو ئۆرشەلیم لەگەڵیدا هاتبوون. ئێستا ئەوان لەبەردەم گەل شایەتی ئەمە دەدەن.

[٣٢]«ئێمەش مزگێنیی ئەو بەڵێنەتان پێدەدەین کە بۆ باوباپیرانمان هات، [٣٣]ئەوەی خودا بۆ ئێمەی وەچەی ئەوان هێنایە دی، بە هەستانەوەی عیسا، وەك لە زەبووری دووەمدا نووسراوە:

[a] ٧ فەرمانڕەوای قوبرس.

[b] ١٣ شوێنێکە لە باشووری تورکیای ئێستا.

[c] ٢٢ یەکەم ساموئێل ١٤:١٣ و زەبوورەکان ٢٠:٨٩.

«﴿تۆ کوڕی منی،
من ئەمڕۆ بوومە باوکت.﴾[a]

٣٤خودا ئاوا دەفەرموێت سەبارەت بەوەی لەنێو
مردووان هەڵیستاندەوە بۆ ئەوەی هەرگیز نەڕزێت:

﴿ئەو بەڵێنە پیرۆز و مسۆگەرەتان دەدەمێ کە
بە داودم دابوو.﴾[b]

٣٥بۆیە لە زەبوورێکی دیکە دەفەرموێ:

﴿ناهێڵیت پیرۆزەکەی خۆت[c] لەناو گۆڕ بۆگەن
بێت.﴾[d]

٣٦«چونکە داود دوای ئەوەی بەگوێرەی مەبەستی
خودا خزمەتی نەوەی خۆی کرد، نوست و چووە پاڵ
باوباپیرانی و تەرمەکەی بۆگەن بوو. ٣٧بەڵام ئەوەی
خودا هەڵیستاندەوە بۆگەنی نەبینی.
٣٨«بۆیە برایان، با لەلاتان زانراو بێت، لە ڕێگەی
عیساوە بەخشینی گوناە بە ئێوە ڕاگەیەنرا و ٣٩بە
باوەڕهێنان بەم بێتاوان دەکرێن لە هەموو ئەو
شتانەی نەتانتوانی بە تەوراتی موسا لێی بێتاوان
بکرێن. ٤٠جا ئاگاداربن، ئەوەی پێغەمبەران گوتوویانە
بەسەرتاندا نەیەت:

٤١«﴿ئەی گاڵتەجاڕەکان سەیر بکەن،
سەرسام بن و بمرن،
چونکە لە سەردەمی ئێوەدا کارێك دەکەم،
کارێك کە هەرگیز باوەڕ ناکەن ئەگەر بۆتان
باس بکرێت.﴾[e]»

٤٢کاتێك پۆڵس و بەرناباس لە کەنیشت دەهاتنە
دەرەوە، داوایان لێ کرا شەممەی داهاتووش ئەم
قسانەیان بۆ بکەن. ٤٣دوای کۆبوونەوەکە، زۆر لە
جولەکە و خواپەرستەکان کە ببوونە جولەکە، بەدوای
پۆڵس و بەرناباس کەوتن، ئەمانیش قسەیان بۆ
دەکردن و هانیان دەدان لە نیعمەتی خودا بمێنن.
٤٤لە ڕۆژی شەممەی داهاتوودا نزیکەی هەموو
دانیشتووانی شارەکە کۆبوونەوە، تاکو گوێ لە
پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆ بگرن. ٤٥کاتێك جولەکە
خەڵکەکەیان بینی، ئیرەیی دایگرتن و بەربەرەکانێی
قسەکانی پۆڵسیان دەکرد و جنێویان پێدەدا.
٤٦پۆڵس و بەرناباسیش بە چاونەترسییەوە وەڵامیان
دانەوە: «پێویست بوو یەکەم جار پەیامی خودا بۆ
ئێوە باس بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەتتان کردەوە
و خۆتان بە شیاوی ژیانی هەتاهەتایی نەزانی،
ئەوەتا دەچینە لای ناجولەکەکان، ٤٧چونکە مەسیحی
باڵادەست بەم جۆرە ڕایسپاردین:

«﴿من تۆم کردووەتە ڕووناکی بۆ نەتەوەکان،
تاکو ڕزگاری بەوپەڕی زەوی بگەیەنیت.﴾[f]»

٤٨کاتێك ناجولەکەکان گوێیان لەمە بوو، زۆر دڵشاد
بوون و پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆیان شکۆدار
کرد، هەموو ئەوانەش کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی
دەستنیشان کرابوون، باوەڕیان هێنا.
٤٩پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆ لە هەموو
ناوچەکەدا بڵاو بووەوە. ٥٠بەڵام ڕابەرانی جولەکە
خانمە ڕێزدارە لەخواترسەکان و پیاوماقوڵانی شاریان
جۆشدا، چەوساندنەوەیان لە دژی پۆڵس و بەرناباس
بەرپا کرد و لە سنوورەکانی خۆیان دەریانکردن.
٥١ئەوانیش تۆزی پێیان تەکاند و بەرەو شاری کۆنیا
ڕۆیشتن. ٥٢قوتابییەکانیش پڕدەبوون لە خۆشی و لە
ڕۆحی پیرۆز.

## گەشتێك بۆ کۆنیا

١٤ لە کۆنیا پۆڵس و بەرناباس وەك هەمیشە
چوونە ناو کەنیشتی جولەکەکان و ئاوا
قسەیان کرد تاکو ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە و
یۆنانییەکان باوەڕیان هێنا. ٢بەڵام ئەو جولەکانەی
باوەڕیان نەهێنا، نەتەوەکانیان جۆشدا و لە دژی

[a] ٣٣ زەبوورەکان ٧:٢
[b] ٣٤ ئیشایا ٣:٥٥
[c] ٣٥ مەبەستی لە مەسیحە.
[d] ٣٥ زەبوورەکان ١٠:١٦
[e] ٤١ حەبەقوق ٥:١
[f] ٤٧ ئیشایا ٦:٤٩.

براییان مێشکیان پڕکردن. ٣بۆیە پۆڵس و بەرناباس ماوەیەکی دوورودرێژ لەوێ مانەوە و ئازایانە سەبارەت بە عیسای خاوەن شکۆ قسەیان دەکرد، ئەویش شایەتی بۆ پەیامی نیعمەتی خۆی دەدا و ڕێی دابوو نیشانە و پەرجوو لەسەر دەستیان بکرێت. ٤ئیتر دانیشتووانی کۆنیا بوونە دوو بەش، هەندێکیان لەگەڵ جولەکە بوون و هەندێکیان لەگەڵ نێردراوان. ٥ئەوە بوو کە نەتەوەکان و جولەکە و سەرۆکەکانیان بەتەمابوون سووکایەتی بە نێردراوان بکەن و بەردبارانیان بکەن، ٦نێردراوان زانییان و بۆ شاری لیسترا و دەربەی لیکاونیا[a] و بۆ ناوچەکانی دەوروپشتیان هەڵاتن و ٧لەوێش مزگێنییان دەدا.

## چاکبوونەوەی ئیفلیجێک

٨لە لیسترا کابرایەک دانیشتبوو، هێز لە پێیەکانیدا نەبوو، بە زگماک ئیفلیج بوو، هەرگیز بە پێی خۆی نەڕۆیشتبوو. ٩گوێی لە پۆڵس بوو کە قسەی دەکرد، پۆڵسیش چاوی تێبڕی، کاتێک بینی باوەڕی هەیە چاک بێتەوە، ١٠بە دەنگێکی بەرز گوتی: «هەستە بە پێوە ڕابوەستە!» کابرا دەستبەجێ هەڵبەزییەوە و دەستی بە ڕۆیشتن کرد.

١١کاتێک خەڵکەکە بینییان پۆڵس چی کرد، بە زمانی لیکاونیا هاواریان کرد: «خوداوەندەکان[b] شێوەی مرۆڤیان وەرگرتووە و هاتوونەتە خوارەوە بۆ ناومان!» ١٢جا بەرناباسیان ناونا زیوس، پۆڵسیش هەرمەس[c]، چونکە قسەکەری سەرەکی بوو. ١٣ئینجا کاهینی زیوس، کە پەرستگاکەی لە دەرەوەی شار بوو، لەگەڵ خەڵکەکە گا و تاجەگوڵینەی هێنابووە لای دەروازەکان و دەیویست قوربانی پێشکەش بکات.

١٤بەڵام کاتێک نێردراوەکان، پۆڵس و بەرناباس، ئەمەیان بیست، جلەکانیان دڕاند، خێرا چوونە لای خەڵکەکە، هاواریان کرد: ١٥«خەڵکینە، بۆچی ئەمە دەکەن؟ ئێمەش مرۆڤین، لە هەمان سروشتی ئێوە، مزگێنیتان دەدەینێ واز لەم شتە پووچانە بهێنن و بۆ لای خودای زیندوو بگەڕێنەوە، دروستکەری ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیاندایە. ١٦ئەوەی لە نەوەکانی ڕابردوودا، هێشتی هەموو نەتەوەکان بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن. ١٧لەگەڵ ئەوەی خۆی بە بێ شایەتی نەهێشتەوە، چاکە دەکات، لە ئاسمانەوە باران و وەرزی بەروبوومتان دەداتێ و دڵتان لە خواردن و لە خۆشی تێر دەکات.» ١٨بە گوتنی ئەم قسانە و هەوڵدانێکی زۆر توانییان وا لە خەڵکەکە بکەن کە قوربانییان بۆ نەکەن.

١٩هەندێک جولەکە لە ئەنتاکیا و کۆنیاوە هاتن، قەناعەتیان بە خەڵکەکە هێنا، ئەوانیش پۆڵسیان بەردباران کرد و ڕایانکێشایە دەرەوەی شار، وایانزانی مردووە. ٢٠بەڵام کاتێک قوتابییەکان دەوریان دا، هەستا و گەڕایەوە ناو شار. بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ بەرناباس بۆ دەربە ڕۆیشت.

٢١مزگێنییان بەو شارە دا و ژمارەیەکی زۆریان کردە قوتابی. ئینجا گەڕانەوە لیسترا و کۆنیا و ئەنتاکیا، ٢٢ورەی قوتابییەکانیان بەرز دەکردەوە هانیان دەدان لە باوەڕ بچەسپێن: «پێویستە بە تەنگانەی زۆردا بچینە ناو شانشینی خودا.» ٢٣لە هەر کڵێسایەک پۆڵس و بەرناباس پیرانیان بۆ هەڵبژاردن، ئینجا بە ڕۆژووگرتنەوە نوێژیان کرد و پیرەکانیان دایە دەست مەسیحی باڵادەست کە باوەڕیان پێی هێناوە. ٢٤ئینجا بە پیسیدیادا تێپەڕین و گەیشتنە پامفیلیا. ٢٥لە شاری پەرگە پەیامی خودایان ڕاگەیاند و دوای بۆ بەندەری ئەنتالیا[d] دابەزین.

٢٦لەوێشەوە بە ڕێگای دەریا بۆ ئەنتاکیا گەڕانەوە، ئەو شوێنەی لێوەی درانە دەست نیعمەتی خودا بۆ ئەو کارەی جێبەجێیان کرد. ٢٧کاتێک گەیشتن و کڵێسایان کۆکردەوە، باسی هەموو ئەو شتانەیان کرد کە خودا لەگەڵیان کردبووی، هەروەها کە دەرگای

[a] ٦ لیسترا و دەربە دوو شار بوون لە هەرێمی لیکاونیا، دەکەوێتە ناوەڕاستی تورکیای ئێستا.

[b] ١١ یۆنانییە کۆنەکان بتپەرست بوون و بڕوایان وابوو چەند خوداوەندێک هەیە.

[c] ١٢ لە ئەندێشەی یۆنانییەکان هەرمەس خودایەکە پەیامی زیوسی گەورەی خوداکان دەگەیەنێ.

[d] ٢٥ یۆنانی: ئەتالیا.

باوەڕی بۆ نەتەوەکانیش کردووەتەوە. ٢٨جا لەوێ
ماوەیەکی زۆر لەگەڵ قوتابییەکان مانەوە.

## ئەنجومەنی ئۆرشەلیم

١٥ هەندێك كەس لە یەهودیاوە بۆ ئەنتاکیا
هاتن و برایانیان فێردەکرد: «ئەگەر بەپێی
ئەو نەریتەی کە موسا فێری کردن خەتەنە نەکرێن،
ناتوانن ڕزگاربن.» ٢کاتێك دەمەقاڵە و مشتومڕێکی زۆر
لەلایەن پۆڵس و بەرناباس لەگەڵ ئەوان ڕوویدا، پۆڵس
و بەرناباس لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دیاری کران،
تاکو سەبارەت بەم بابەتە بۆ لای نێردراوان و پیران
بەرەو ئۆرشەلیم بەڕێ بکەون. ٣پاش ئەوەی کڵێسا
ماڵئاواییان لێکردن، بە ناو فینیکیا و سامیرەدا تێپەڕین،
باسی ئەوەیان دەکرد کە نەتەوەکانیش باوەڕیان بە
عیسا هێناوە، جا خۆشییەکی زۆریان لەنێو هەموو
باوەڕداراندا بڵاوکردەوە. ٤کاتێك گەیشتنە ئۆرشەلیم،
کڵێسا و نێردراوان و پیران پێشوازییان لێکردن،
ئەوانیش هەواڵی هەموو ئەو شتانەیان پێدان کە خودا
لە ڕێگەی ئەوانەوە کردبووی.
٥بەڵام هەندێك لەوانەی سەر بە ڕێبازی
فەریسییەکان بوون و باوەڕیان هێنابوو، هەستان و
گوتیان: «دەبێت ئەو باوەڕدارانەی کە جولەکە نین
خەتەنە بکرێن و فەرمانیان پێ بکرێت کە کار بە
تەوراتی موسا بکەن.»

## پەترۆس و پیرانی ئۆرشەلیم

٦جا نێردراوان و پیران بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە
کۆبوونەوە. ٧پاش مشتومڕێکی زۆر، پەترۆس هەستا و
پێی گوتن: «ئەی برایان، ئێوە دەزانن پێش ماوەیەك،
خودا لەنێو ئێوەدا هەڵیبژارد کە لە دەمی منەوە
نەتەوەکان مزگێنی مەسیح ببیستن و باوەڕ بهێنن.
٨خودای دڵناس، شایەتی بۆیان دا بە بەخشینی ڕۆحی
پیرۆز بەوانیش هەروەك بە ئێمە. ٩بە هیچ شتێك
جیاوازی لەنێوان ئێمە و ئەواندا نەکردووە، بە باوەڕ
دڵی ئەوانیشی پاك کردووەتەوە. ١٠ئیتر بۆچی ئێوە
خودا تاقی دەکەنەوە، نیرێك دەخەنە سەر شانی ئەو
قوتابییانەی کە جولەکە نین، ئەوەی نە باوباپیرانمان
و نە خۆمان توانیمان هەڵیبگرین؟ ١١بەڵام باوەڕمان
هەیە کە بە نیعمەتی عیسای خاوەن شکۆ ڕزگار
دەبین، هەروەك ئەوان.»
١٢ئیتر هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکە بێدەنگ
بوون و گوێیان لە بەرناباس و پۆڵس گرت، باسی
ئەو نیشانە و پەرجووانەیان دەکرد کە خودا لەسەر
دەستی ئەوان لەناو نەتەوەکان ئەنجامی داوە.
١٣دوای ئەوەی تەواوبوون، یاقوب گوتی: «ئەی برایان
گوێم لێ بگرن: ١٤شیمۆن[a] ڕوونی کردەوە چۆن خودا
یەکەم جارە بایەخی خۆی بۆ نەتەوەکان نیشان داوە
بۆ ئەوەی لەناو ئەواندا گەلێك ناوی ئەو هەڵبگرن[b].
١٥وتەی پێغەمبەرانیش لەگەڵ ئەمە ڕێك دەکەوێت،
هەروەك نووسراوە:

١٦«﴿دوای ئەمە دەگەڕێمەوە و
چادرە ڕووخاوەکەی داود هەڵدەدەمەوە،
ڕووخاوییەکانی دروستدەکەمەوە،
سەرلەنوێ بنیادی دەنێمەوە،
١٧تاکو ئەو خەڵکانەی کە ماونەتەوە ڕوو لە یەزدان بکەن،
هەموو ئەو نەتەوانەی ناوی منیان هەڵگرتووە.
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە، ئەوەی ئەم کارانە ئەنجام دەدات
١٨ کە هەر لە سەرەتاوەش زانراون.﴾[c]

١٩«لەبەر ئەوە وای بە باش دەزانم قورسایی
نەخەینە سەر شانی ئەوانەی لە نەتەوەکانن کە بۆ
لای خودا گەڕاونەتەوە، ٢٠بەڵکو بۆیان بنووسین،
خۆیان دووربخەنەوە لە گڵاوی بتەکان و لە
داوێنپیسی و لە گۆشتی ئاژەڵی خنکێنراو و خوێن،
٢١چونکە هەر لە کۆنەوە فێرکردنی موسا لە هەموو
شارێك ڕاگەیەنرابوو و هەموو شەممەیەك لە
کەنیشتەکان دەخوێنرایەوە.»

[a] ١٤ مەبەستی لە پەترۆسە.
[b] ١٤ مەبەستی ئەوەیە کە گەلێك بە ناوی خودا بناسرێن.
[c] ١٨ ئامۆس ٩:١١-١٢

## بڕیاری کۆبوونەوەی کڵێسا

[٢٢]ئینجا نێردراوان و پیران و هەموو کڵێسا بە باشیان زانی دوو پیاو لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن و لەگەڵ پۆڵس و بەرناباس بۆ ئەنتاکیا بیاننێرن، یەهوزا کە نازناوی بەرساباس بوو لەگەڵ سیلا، دوو پیاو کە لەنێو باوەڕداراندا پێشەوا بوون. [٢٣]بە دەستی خۆیان ئاوایان نووسی[a]:

لە نێردراوان و پیرانەوە، برایانتان،
بۆ ئەو باوەڕدارانەی جولەکە نین لە ناوچەکانی ئەنتاکیا و سوریا و کیلیکیا:
سڵاو.

[٢٤]بیستمان کە هەندێك کەس بێ ئەوەی ئێمە ڕایانبسپێرین لەلای ئێمەوە هاتوون و بە قسەکانیان بێزار و دڵگرانیان کردوون. [٢٥]بۆیە بە باشمان زانی بە یەك بیروڕاوە چەند پیاوێك هەڵبژێرین و لەگەڵ برایانی خۆشەویستمان بەرناباس و پۆڵس بۆ لاتان بنێرین، [٢٦]پیاوانێك گیان لەسەر دەستن لە پێناوی ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان. [٢٧]جا یەهوزا و سیلامان بۆ ناردن تاکو هەمان شتتان بە دەم پێ ڕابگەیەنن، [٢٨]چونکە ڕۆحی پیرۆز و ئێمەش وامان بە باش زانی هیچ قورساییەك نەخەینە سەر شانتان، جگە لەمانە کە پێویستن: [٢٩]خۆتان دووربخەنەوە لەو قوربانییانەی بۆ بت پێشکەش کراون، هەروەها لە خواردنی ئاژەڵی خنکێنراو و خوێن و لە داوێنپیسی. ئەگەر خۆتان لەمانە پاراست، شتی چاك دەکەن.

ماڵ ئاوا.

[٣٠]ئەمانیش کە بەڕێکران و بۆ ئەنتاکیا هاتن، هەموو کۆمەڵەی باوەڕدارانیان کۆکردەوە و نامەکەیان پێشکەش کرد. [٣١]کاتێك خوێندیانەوە بەو هاندانەی تێیدا بوو زۆر دڵشاد بوون. [٣٢]یەهودا و سیلاش کە خۆیان پێغەمبەر بوون، بە زۆر وشە هانی برایانیان دا و ورەیان بەرزکردنەوە. [٣٣]پاش ئەوەی ماوەیەکیان بەسەربرد، لەلایەن برایانەوە بە ئاشتییەوە ڕەوانە کرانەوە بۆ لای ئەوانەی ناردبوویانن، [ [٣٤]بەڵام سیلا بەلایەوە باشتر بوو لەوێ بمێنێتەوە.] [٣٥]پۆڵس و بەرناباسیش هەر لە ئەنتاکیا مانەوە و لەگەڵ زۆر کەسی دیکەدا بەشدارییان کرد لە مزگێنیدان و فێرکردنی پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆ.

## لێك جیابوونەوەی پۆڵس و بەرناباس

[٣٦]پاش چەند ڕۆژێك پۆڵس بە بەرناباسی گوت: «با بگەڕێینەوە سەر لە برایان بدەین، لە هەموو ئەو شارانەی کە پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆمان تێیدا ڕاگەیاندووە و هەواڵیان بزانین.» [٣٧]بەرناباسیش پێشنیاری کرد یۆحەنا کە نازناوی مەرقۆسە لەگەڵ خۆیاندا ببەن. [٣٨]بەڵام پۆڵس پێی باش بوو ئەوەی لە پامفیلیا لێیان جیا بووەوە و لەگەڵیان بۆ کارەکە نەڕۆیشت، ئەو لەگەڵ خۆیاندا نەبەن. [٣٩]لەبەر ئەوە دەمەقاڵە کەوتە نێوانیان، تاکو وای لێهات لە یەکتری جیا بوونەوە. ئەوسا بەرناباس مەرقۆسی لەگەڵ خۆی برد و بە دەریادا بۆ قوبرس چوو. [٤٠]بەڵام پۆڵس سیلای هەڵبژارد و ڕۆیشتن، دوای ئەوەی لەلایەن باوەڕدارانەوە بە نیعمەتی مەسیحی خاوەن شکۆ سپێردران. [٤١]ئینجا چوونە ناوچەکانی سوریا و کیلیکیا و کڵێساکانیان بەهێز دەکرد.

## تیمۆساوس لەگەڵ پۆڵس و سیلا

١٦ پۆڵس گەیشتە شاری دەربە و پاشان شاری لیسترا، لەوێ قوتابییەك بە ناوی تیمۆساوس هەبوو، دایکی جولەکەیەکی باوەڕدار بوو، بەڵام باوکی یۆنانی بوو. [٢]برایان لە لیسترا و کۆنیا بە باشە باسی تیمۆساوسیان دەکرد. [٣]پۆڵس حەزی دەکرد تیمۆساوس یاوەری بێت، جا بردی تاکو خەتەنە بکرێت، لەبەر ئەو جولەکانەی لەو ناوچانە بوون، چونکە هەموو دەیانزانی باوکی یۆنانییە. [٤]ئیتر پۆڵس و هاوڕێکانی لە شارێکەوە دەچوون بۆ شارێکی دیکە و ئەو فەرمانانەی لەلایەن نێردراوان و پیرانەوە لە ئۆرشەلیم بڕیاریان

[a] ٢٣ بە واتای نامەیەکیان نووسی بەواندا ناردیان.

لەسەر درابوو، پێیان ڕادەگەیاندن تاکو پەیڕەوی بکەن. ٥جا کڵێساکان لە باوەڕدا بەهێز دەبوون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان زیادی دەکرد.

## بینینی پۆڵس لە ترۆادا

٦پاشان پۆڵس و هاوڕێیەکانی بە ناوچەکانی فریجیا و گەلاتیادا تێپەڕین، لەبەر ئەوەی ڕۆحی پیرۆز ڕێی نەدان لە ناوچەی ئاسیا پەیامی خودا ڕابگەیەنن. ٧کاتێك گەیشتنە نزیك ناوچەی میسیا هەوڵیان دا بەرەو ناوچەی بیسینیا بڕۆن، بەڵام ڕۆحی عیسا ڕێگای نەدان. ٨ئەوسا بە میسیادا تێپەڕین و هاتنە ترۆیاس. ٩لە شەودا پۆڵس بینینێکی بۆ ئاشکرا کرا، پیاوێکی مەکدۆنی ڕاوەستابوو، لێی دەپاڕایەوە: «وەرە بۆ مەکدۆنیا و یارمەتیمان بدە.» ١٠پاش ئەوەی بینینەکەی بۆ ئاشکرا کرا، هەوڵماندا[a] دەستبەجێ بەڕێ بکەوین بۆ مەکدۆنیا، دڵنیا بووین کە خودا بانگی کردووین تاکو مزگێنییان بدەینێ.

١١جا بە دەریادا لە ترۆیاسەوە ڕاست بۆ سامۆسراکی ڕۆیشتین و بۆ ڕۆژی دوایی بۆ نیاپۆلیس. ١٢لەوێشەوە بۆ فیلیپی کە یەکەم شاری ناوچەی مەکدۆنیایە و جێنشینی ڕۆمانییەکانە، لەوێ چەند ڕۆژێك ماینەوە.

١٣لە ڕۆژی شەممەدا چووینە دەرەوەی شار بۆ سەر ڕووبار، لەو بڕوایەدا بووین لەوێ نوێژ بکرێت. دانیشتین قسەمان لەگەڵ ئەو ژنانە کرد کە لەوێ کۆببوونەوە. ١٤یەك لەوان کە گوێی دەگرت ژنێکی خواپەرست بوو بە ناوی لیدیا، خەڵکی شاری سیاتیرا و بازرگانی کوتاڵی گرانبەها بوو. مەسیحی خاوەن شکۆ دڵی کردەوە تاکو سەرنج بداتە قسەکانی پۆڵس. ١٥کاتێك خۆی و خاووخێزانی لە ئاو هەڵکێشران، پاڕایەوە: «ئەگەر بەڕاستی باوەڕتان وایە کە من باوەڕم بە مەسیحی خاوەن شکۆ هێناوە، ئەوا وەرنە ماڵەکەم و بمێننەوە.» ئیتر ناچاری کردین.

## دەرکردنی ڕۆحی جادووگەرییێتی

١٦کاتێك بۆ شوێنی نوێژکردن دەچووین، تووشی کارەکەرێك بووین ڕۆحی فاڵچییێتی تێدابوو، بە کاری فاڵچییێتییەکەی قازانجێکی زۆری بۆ خاوەنەکانی بەدەستدەهێنا. ١٧بەدوای پۆڵس و ئێمە کەوت و هاواری دەکرد: «ئەم مرۆڤانە بەندەی خودای هەرەبەرزن، ڕێگای ڕزگاریتان بۆ ڕادەگەیەنن.» ١٨چەندین ڕۆژ ئەمەی دەکرد، تاکو پۆڵس بێزار بوو، ئاوڕی دایەوە و بە ڕۆحەکەی گوت: «بە ناوی عیسای مەسیح فەرمانت پێدەدەم، لێی وەرە دەرەوە!» یەکسەر ڕۆحە پیسەکە لێی هاتە دەرەوە.

## پۆڵس و سیلا لە بەندیخانە

١٩کاتێك خاوەنەکانی بینییان سەرچاوەی داهاتیان بڕا، پۆڵس و سیلایان گرت، ڕایانکێشانە بازاڕ بۆ بەردەم دەسەڵاتداران. ٢٠بردیاننە پێش دادوەران و گوتیان: «ئەم پیاوانە شارەکەمان دەشێوێنن، جولەکەن و ٢١نەریتێك بڵاو دەکەنەوە کە دروست نییە ئێمەی ڕۆمانی وەریبگرین یان کاری پێ بکەین.»

٢٢ئیتر خەڵکەکە پێکڕا لێیان هەستان و دادوەران فەرمانیان دا کە جلەکانیان بدڕێنرێن و دارکاری بکرێن. ٢٣جا زۆر دارکارییان کردن و خستیاننە بەندیخانەوە، فەرمانیان بە چاودێری بەندیخانەکە دا بە توندی پاسەوانیان بکات. ٢٤ئەویش کە ئەم فەرمانەی بۆ هات، فڕێیدانە ناو قووڵایی بەندیخانەکە و پێیانی خستە ناو کۆتەوە.

٢٥لە نیوەی شەودا پۆڵس و سیلا نوێژیان دەکرد و گۆرانی ڕۆحییان بۆ خودا دەگوت، بەندکراوانی دیکەش گوێیان لێبوو. ٢٦لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، بناغەی بەندیخانەکەی هەژاند، دەستبەجێ هەموو دەرگاکان کرانەوە و کۆتی هەمووان بووەوە. ٢٧کە چاودێرەکە بەئاگا هات و بینی دەرگاکانی بەندیخانە کراونەتەوە، شمشێری هەڵکێشا بەتەمابوو خۆی بکوژێت، وایزانی بەندکراوان ڕایانکردووە. ٢٨بەڵام پۆڵس هاواری کرد: «هیچ لە خۆت مەکە، هەموومان لێرەین!»

[a] ١٠ بەڵگەیە بۆ ئامادەبوونی لۆقای پزیشك لەگەڵ پۆڵس.

٢٩ئەویش داوای ڕووناکی کرد، چووە ژوورەوە
و دەلەرزی، لەبەردەم پۆڵس و سیلا چۆکی دادا.
٣٠ئەوسا بردنییە دەرەوە و گوتی: «گەورەکانم،
پێویستە چی بکەم تاکو ڕزگارم بێت؟»
٣١گوتیان: «باوەڕ بە عیسای خاوەن شکۆ بهێنە،
خۆت و خێزانەکەت ڕزگارتان دەبێت.» ٣٢جا پەیامی
مەسیحی خاوەن شکۆی بۆ خۆی و هەموو ئەوانەی
لە ماڵەکەیدا بوون ڕاگەیاند. ٣٣ئیتر چاودێرەکە
لەو کاتەی شەودا بردنی و برینەکانی سارێژ
کرد، دەستبەجێ خۆی و خاووخێزانەکەی لە ئاو
هەڵکێشران. ٣٤ئینجا بردنییە ماڵەوە و خواردنی بۆ
دانان، خۆی و خاووخێزانەکەی زۆر دڵشاد بوون، کە
باوەڕیان بە خودا هێنابوو.

٣٥کە ڕۆژبووەوە فەرمانڕەواکان پۆلیسیان نارد
و گوتیان: «پیاوەکان ئازاد بکەن.» ٣٦چاودێری
بەندیخانە ئەم هەواڵەی دایە پۆڵس: «فەرمانڕەوایان
ناردوویانە کە ئازاد بکرێن، بۆیە ئێستا وەرنە دەرەوە
و بڕۆن بە سەلامەت.»

٣٧بەڵام پۆڵس پێی گوتن: «بە بێ دادگایی کردن
و بە ئاشکرا دارکارییان کردین و فڕێیان داینە
بەندیخانە، ئێمەش هاوڵاتی ڕۆمانین، ئایا ئێستا بە
نهێنی دەرماندەکەن؟ نەخێر! بەڵکو با خۆیان بێن
دەرمانبهێنن.»

٣٨پۆلیسەکان ئەم قسانەیان بە فەرمانڕەوایان
ڕاگەیاند، ئەوانیش کاتێك زانییان پۆڵس و سیلا هاوڵاتی
ڕۆمانین ترسان. ٣٩ئیتر هاتن و لێیان پاڕانەوە، بردییاننە
دەرەوە و داوایان لێکردن شارەکە بەجێبهێڵن.

٤٠کاتێك پۆڵس و سیلا لە بەندینخانە هاتنە دەرەوە،
چوون بۆ ماڵی لیدیا، لەوێ لەگەڵ خوشك و برای
باوەڕداران کۆبوونەوە و هانیان دان، پاشان ڕۆیشتن.

## پۆڵس و سیلا لە سالۆنیکی

١٧
پاش ئەوەی پۆڵس و هاوڕێکانی بە شاری
ئەمفیپۆلیس و ئەپۆلۆنیادا تێپەڕین، گەیشتنە
سالۆنیکی کە کەنیشتی جولەکەی لێبوو. ٢پۆڵس وەك
کردبوویە پیشە چووە لایان، سێ ڕۆژی شەممە لەسەر
یەك بە نووسراوە پیرۆزەکان گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن،
٣ڕوونی دەکردەوە و دەریدەخست کە دەبوایە
مەسیح ئازار بچێژێت و لەنێو مردووان هەستێتەوە.
پێی گوتن: «ئەم عیسایەی من پێتانی ڕادەگەیەنم،
مەسیحەکەیە.» ٤هەندێکیان قایل بوون و چوونە پاڵ
پۆڵس و سیلا، هەروەها زۆر لە یۆنانی خواپەرست و لە
ژنە خانەدانەکانیش کە ژمارەیان کەم نەبوو.

٥بەڵام هەندێك لە جولەکەکانی دیکە ئیرەییان پێ
هات، چەند پیاوخراپێکی بازاڕیان هێنا و خەڵکیان
کۆکردەوە و ئاژاوەیان لە شاردا نایەوە. چوونە سەر
ماڵی یاسون و داوایان کرد پۆڵس و سیلا بهێنرێنە
لای خەڵك. ٦کاتێك نەیاندۆزینەوە، یاسون و هەندێك
برایانیان بۆ لای فەرمانڕەوایانی شار ڕاکێشا، هاواریان
دەکرد: «ئەمانە کە جیهانیان هەڵگێڕاوەتەوە،
بۆ ئێرەش هاتوون، ٧یاسون میوانداری کردوون.
هەموویان لە دژی فەرمانەکانی قەیسەر کار دەکەن،
دەڵێن پاشایەکی دیکە هەیە، ناوی عیسایە.» ٨بەم
قسانە خەڵکەکە و فەرمانڕەوایانی شاریان وروژاند.
٩ئەوانیش دەستەبەرنامەیان[a] بۆ یاسون و ئەوانەی
دیکە کرد و ئازادیان کردن.

## لە شاری بیریە

١٠کە شەو داهات برایان پۆڵس و سیلایان ناردە
بیریە، کە گەیشتن چوونە کەنیشتی جولەکە. ١١بەڵام
خەڵکی بیریە لە سالۆنیکییەکان تێگەیشتووتر بوون،
بەوپەڕی پەرۆشییەوە پەیامەکەیان وەرگرت، ڕۆژانە
لە نووسراوە پیرۆزەکان ورد دەبوونەوە ئاخۆ شتەکان
ئاوان. ١٢جا زۆریان باوەڕیان هێنا، هەروەها زۆر لە
ژنە خانەدانە یۆنانییەکان و پیاوانیش کە ژمارەیان
کەم نەبوو.

١٣بەڵام کاتێك جولەکەی سالۆنیکی زانییان پۆڵس
لە بیریەش پەیامی خودای ڕاگەیاندووە، هاتن لەوێش
خەڵك جۆش بدەن و بیانوروژێنن. ١٤دەستبەجێ

[a] ٩ دەستەبەرنامە: بڕێك پارەیە کە وەك بارمتە وەردەگیرێت لەگەڵ بەڵێننامەیەکی ڕەسمیدا، کە لە کاتی بوونی هەر کێشەیەکدا دەستدەگیردرێت بەسەر پارەکەدا.

برایان پۆڵسیان بەرەو کەناری دەریا نارد، بەڵام سیلا و تیمۆساوس لەوێ مانەوە. [١٥]ئەوانەی یاوەری پۆڵس بوون ئەویان هێنایە ئەسینا، ئینجا گەڕانەوە پاش ئەوەی پۆڵس ڕایسپاردن بە زووترین کات سیلا و تیمۆساوس بێن بۆ لای.

## پۆڵس لە ئەسینا

[١٦]کاتێك پۆڵس لە ئەسینا چاوەڕێی دەکردن، زۆر پەست و بێزار بوو کە بینی شارەکە پڕە لە بت. [١٧]بۆیە لە کەنیشت گفتوگۆی لەگەڵ جولەکە و خواپەرستان دەکرد، لە بازاڕیش لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژانە تووشیان دەبوو. [١٨]هەندێك فەیلەسوفی ئەپیکوری[a] و ستۆیکی[b] گفتوگۆیان لەگەڵی دەکرد، هەندێك دەیانگوت: «ئەم چەنەبازە دەیەوێت چی بڵێت؟» هەندێکی دیکە گوتیان: «دیارە بانگەواز بۆ هەندێك خوداوەندی نامۆ دەکات،» چونکە باسی عیسا و زیندووبوونەوەی دەکرد. [١٩]ئینجا بردیانە ئاریۆپاگۆس[c] و گوتیان: «دەتوانین بزانین ئەم فێرکردنە نوێیە چییە باسی دەکەیت؟ [٢٠]چونکە شتی سەیرت لێ دەبیستین و دەمانەوێت واتاکەی بزانین.» [٢١]لەبەر ئەوە هەموو ئەسیناییەکان و ئەو بێگانانەی تێدا دەژیان دەرفەتیان بە هیچ شتێك نەدەدا جگە لە باسکردن و گوێگرتن لە بیروڕا نوێیەکان.

## وتارێك لە ئاریۆپاگۆس

[٢٢]پۆڵس لەناوەڕاستی ئاریۆپاگۆسدا وەستا و گوتی: «پیاوانی ئەسینا، دەبینم لە هەموو لایەکەوە زۆر دیندارن. [٢٣]کاتێك دەگەڕام و سەیری پەرستراوەکانتانم دەکرد، قوربانگایەکم بینی لەسەری نووسرا بوو: ”بۆ خودای نەناسراو.“جا ئەوەتان بۆ ڕادەگەیەنم کە دەیپەرستن و نایناسن.

[٢٤]«ئەو خودایەی کە جیهان و هەموو شتەکانی ناوی دروستکردووە، پەروەردگاری ئاسمان و زەوییە و لە پەرستگای دەستکرد نیشتەجێ نابێت. [٢٥]بە دەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت وەك ئەوەی پێویستی بە شتێك بێت، چونکە ئەو خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێك بە هەمووان دەبەخشێت. [٢٦]هەموو نەتەوەکانی لە یەکێك دروستکردووە، تاکو لەسەر هەموو ڕووی زەوی نیشتەجێ بن، کات و سنوورەکانی نیشتەجێبوونی ئەوانی داناوە و دیاریی کردوون، [٢٧]تاکو ڕوو لە خودا بکەن، بەڵکو بیگەنێ و بیدۆزنەوە، هەرچەندە لە هەر یەکێکمان دوور نییە. [٢٨]”چونکە لە ئەودا دەژین و دەجوڵێین و هەین،“[d] وەك هەندێك شاعیرانتان گوتیان: ”ئێمەش نەوەی ئەوین.“[e]

[٢٩]«لەبەر ئەوەی کە نەوەی خوداین، پێویستە بیرنەکەینەوە کە خودایەتی لە پەیکەری زێڕ یان زیو یان بەردینە، کە داهێنان و بیری مرۆڤ شێوەی کێشاوە. [٣٠]لە سەردەمانی نەزانیدا خودا چاوپۆشی کردووە، بەڵام ئێستا فەرمان دەدات بۆ هەموو کەسێك و لە هەموو شوێنێك کە تۆبە بکەن، [٣١]چونکە ڕۆژێکی داناوە تێیدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێك کە دیاریی کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.»

[٣٢]کاتێك گوێیان لە هەستانەوەی مردووان بوو، هەندێکیان گاڵتەیان پێکرد، بەڵام هەندێکی دیکەیان گوتیان: «جارێکی دیکە لەم بارەیەوە گوێت لێ دەگرین.» [٣٣]ئیتر پۆڵس ئەوێی بەجێهێشت، [٣٤]بەڵام هەندێك کەس لایەنگری پۆڵسیان کرد و باوەڕیان هێنا، لەوانە: دیونیسیۆسی ئەندامی ئاریۆپاگۆس، هەروەها ژنێك بە ناوی داماریس و چەند کەسێکی دیکەش لەگەڵیان.

---

[a] ١٨ ڕێبازێکی فەلسەفەی یۆنانییە؛ بەرزترین بنەمای شادییە، لەو سەردەمەدا زۆر گرنگییان بە ئارەزووی جەستە دەدا.

[b] ١٨ ڕێبازێکی فەلسەفەی یۆنانییە؛ کە دەڵێ پێویستە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بگونجێت و بەسەر خۆیدا زاڵ بێت.

[c] ١٩ شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شاری ئەسینا بوو.

[d] ٢٨ لە شیعری (ئەپیمەنیدیس)ی شاعیر وەرگیراوە، خەڵکی کریتە لەساڵی ٦٠٠ پ. ز. ژیاوە.

[e] ٢٨ لە شیعری (ئارەتۆس)ی شاعیر وەرگیراوە خەڵکی کیلیکیایە لە ٣١٥–٢٤٠ پ. ز. ژیاوە.

## پۆڵس لە کۆرنسۆس

١٨ لەدوای ئەمە پۆڵس ئەسینای بەجێهێشت
و هاتە کۆرنسۆس. ٢جولەکەیەکی
دۆزییەوە بە ناوی ئەکیلا، خەڵکی پۆنتۆس[a] بوو،
تازە لەگەڵ پریسکیلای ژنی لە ئیتالیاوە هاتبوون،
چونکە کلودیۆس[b] فەرمانی دابوو هەموو جولەکە
ڕۆما بەجێبهێڵن. پۆڵس ئیتر چووە لایان ٣و بەهۆی
هاوپیشەییان لەلایان مایەوە و ئیشی دەکرد، چونکە
پیشەیان چادر دروستکردن بوو. ٤هەموو شەممەیەك
لە کەنیشت گفتوگۆی دەکرد، قەناعەتی بە جولەکە
و یۆنانییەکان دەهێنا.

٥کاتێك سیلا و تیمۆساوس لە مەکدۆنیاوە هاتن،
پۆڵس خۆی بۆ خزمەتی پەیامی مەسیح تەرخان
کرد، لەنێو جولەکەکاندا شایەتی دەدا کە عیسا
مەسیحەکەیە. ٦بەڵام کاتێك دژایەتییان کرد و جنێویان
پێدا، کراسەکەی تەکاند و پێی گوتن: «خوێنی خۆتان
لەسەر خۆتان! من بێتاوانم. لە ئێستاوە دەچمە لای
نەتەوەکان.»

٧ئیتر پۆڵس ئەوێی بەجێهێشت و چووە ماڵی
پیاوێك ناوی تیتیۆس یوستۆس بوو، خواپەرست
بوو، ماڵەکەی لەتەنیشت کەنیشتەوە بوو. ٨لێرەدا
کریسپۆسی پێشەوای کەنیشت خۆی و خاووخێزانی
باوەڕیان بە عیسای خاوەن شکۆ هێنا. زۆر لە خەڵکی
کۆرنسۆس کە گوێیان لێبوو باوەڕیان هێنا و لە ئاو
هەڵکێشران.

## قسە بکە و بێدەنگ مەبە

٩شەوێك مەسیحی خاوەن شکۆ لە بینینێکدا بە
پۆڵسی فەرموو: «مەترسە، بەڵکو قسە بکە و بێدەنگ
مەبە، ١٠چونکە من لەگەڵتدام، کەس هێرش ناکاتە
سەرت بۆ ئەوەی ئازارت بدات، چونکە خەڵکێکی زۆرم
هەیە لەم شارە.» ١١ئیتر پۆڵس ساڵێك و شەش مانگ
لەگەڵیان مایەوە و پەیامی خودای فێر دەکردن.

١٢لەو سەردەمەی گالیۆن[c] فەرمانڕەوای ئەخایا[d]
بوو، جولەکە هەموویان پێکەوە هێرشیان کردە
سەر پۆڵس و بردیان بۆ دادگا، ١٣گوتیان: «ئەم
پیاوە قەناعەتی بە خەڵك دەهێنا کە بە پێچەوانەی
تەورات خودا بپەرستن.»

١٤کە پۆڵس خەریك بوو دەمی بکاتەوە، گالیۆن
بە جولەکەکانی گوت: «جولەکەکان، ئەگەر بابەتەکە
ناڕەوایی یان تاوانێکی خراپ بووایە، وەك هۆیەك
گوێم لە سکاڵاتان دەگرت. ١٥بەڵام ئەگەر بابەتەکە
لەسەر وشە و ناو و تەوراتتانە، خۆتان تەماشای
بکەن. نامەوێت لەم بابەتانەدا ببمە دادوەر.» ١٦ئیتر
لە دادگا دەریکردن. ١٧ئەوسا هەموو سۆستانیسی
پێشەوای کەنیشتیان گرت و لەبەردەم دادگا لێیاندا،
گالیۆنیش گوێی بەمە نەدا.

## گەڕانەوەی پۆڵس بۆ ئەنتاکیا

١٨پۆڵس ڕۆژانێکی زۆر مایەوە، ئینجا ماڵئاوایی
لە برایان کرد و لەگەڵ پریسکیلا و ئەکیلا بە دەریادا
بەرەو سوریا ڕۆیشت. دوای ئەوەی لە کەنخریا
سەری تاشی، چونکە نەزری لەسەر بوو. ١٩کاتێك
گەیشتنە ئەفەسۆس، پۆڵس پریسکیلا و ئەکیلای
لەوێ بەجێهێشت و خۆی چووە کەنیشت و لەگەڵ
جولەکەکان دەستی بە گفتوگۆ کرد. ٢٠ئەوانیش داوایان
لێکرد ماوەیەکی زیاتر لایان بمێنێتەوە، بەڵام ڕازی
نەبوو. ٢١ئیتر ماڵئاوایی لێکردن و گوتی: «خودا حەز
بکات دەگەڕێمەوە بۆ لاتان.» ئینجا لە ئەفەسۆسەوە
بە دەریادا ڕۆیشت. ٢٢لە بەندەری قەیسەرییە دابەزی،
بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوت و سڵاوی لە کڵێسا کرد،
ئینجا بەرەو خوار چوو بۆ ئەنتاکیا.

٢٣پۆڵس ماوەیەك لە ئەنتاکیا مایەوە و پاشان
ڕۆیشت و لە ناوچەکانی گەلاتیا و فریجیا شوێن
بە شوێن دەگەڕا، ورەی هەموو قوتابییەکانی بەرز
دەکردەوە.

[a] ٢ شوێنێکە دەکەوێتە کەناری دەریای ڕەش، لە باکووری تورکیای ئێستا. بڕوانە کردار ٩:٢

[b] ٢ ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە ساڵانی ٤١–٥٤ ز.

[c] ١٢ فەرمانڕەوای ئەخایا لە ساڵانی ٥١–٥٢ ز، بە دادپەروەری بەناوبانگە.

[d] ١٢ باشووری یۆنان

[٢٤]جولەکەیەکی خەڵکی ئەسکەندەریە بە ناوی
ئەپۆلۆس هات بۆ ئەفەسۆس، زمان پاراو و لە
نووسراوە پیرۆزەکان شارەزا بوو. [٢٥]فێری ڕێگای
مەسیحی خاوەن شکۆ کرابوو، بە دڵگەرمی دەدوا
و بە دروستی خەڵکی فێری پەیامی عیسا دەکرد،
هەرچەندە تەنها لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیای
دەزانی. [٢٦]بە چاونەترسییەوە دەستی کرد بە
قسەکردن لە کەنیشت. کە پریسکیلا و ئەکیلا گوێیان
لێی بوو، بانگهێشتی ماڵی خۆیان کرد و دروستتر
ڕێگای خودایان بۆ ڕوونکردەوە.
[٢٧]کاتێك ئەپۆلۆس حەزی کرد بچێت بۆ ناوچەی
ئەخایا، برایان هانیان دا و بۆ قوتابییەکانیان نووسی
پێشوازیی لێ بکەن. کاتێك هاتە ئەوێ، یارمەتییەکی
زۆری ئەوانەی دا کە بەهۆی نیعمەتی خوداوە
باوەڕیان هێنابوو، [٢٨]چونکە بە هێزەوە و بە گفتوگۆی
ئاشکرا جولەکە بەرهەڵستکارەکانی بێدەنگ دەکرد،
لە ڕێگەی نووسراوە پیرۆزەکانەوە دەیسەلماند کە
عیسا مەسیحەکەیە.

## پۆڵس لە ئەفەسۆس

١٩ لە کاتێکدا کە ئەپۆلۆس لە کۆرنسۆس بوو،
پۆڵس بە ڕێگاکانی ناوەوە تێپەڕی و هاتە
ئەفەسۆس. لەوێ چاوی بە هەندێك قوتابی کەوت،
[٢]لێی پرسین: «کاتێك باوەڕتان هێنا، ڕۆحی پیرۆزتان
وەرگرت؟»
کەچی وەڵامیان دایەوە: «نەخێر! تەنانەت
نەمانبیستووە کە ڕۆحی پیرۆز هەیە!»
[٣]گوتی: «کەواتە چ جۆرە لە ئاو هەڵکێشانێکتان
وەرگرتووە؟»
گوتیان: «بە لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیا.»
[٤]پۆڵس گوتی: «لەئاوهەڵکێشانەکەی یەحیا
لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردن بوو، بە خەڵکی دەگوت
باوەڕ بهێنن بەوەی لەدوای دێت، واتە بە عیسا.»
[٥]کاتێك ئەمەیان بیست بە ناوی عیسای خاوەن شکۆ
لە ئاو هەڵکێشران. [٦]جا پۆڵس دەستی لەسەر دانان،
ڕۆحی پیرۆز هاتە سەریان، بە زمانی ڕۆحی دوان و
پێشبینییان کرد. [٧]بە هەموویان نزیکەی دوازدە پیاو
دەبوون.
[٨]ئینجا پۆڵس چووە کەنیشت و بۆ زیاتر لە سێ
مانگ ئازایانە دەدوا، گفتوگۆی دەکرد و سەبارەت
بە کاروباری شانشینی خودا قەناعەتی بە خەڵك
دەهێنا. [٩]بەڵام هەندێك کەللەڕەقییان کرد و باوەڕیان
نەهێنا، لەبەردەم خەڵکەکە جنێویان بە ڕێگاکە[a] دا.
جا پۆڵس لێیان کشایەوە و قوتابییەکانی برد، ڕۆژانە
لە قوتابخانەی تیرانۆس گفتوگۆی دەکرد. [١٠]بۆ ماوەی
دوو ساڵ لەسەر ئەمە بەردەوام بوو، هەتا وای لێهات
هەموو ئەوانەی لە ئاسیادا دانیشتبوون، جولەکە و
یۆنانی، پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆیان بیست.
[١١]خوداش پەرجووی سەرسوڕهێنەری بە دەستی
پۆڵس ئەنجام دەدا، [١٢]تەنانەت دەستەسڕ و ئەو
بەروانکانەشی کە بەر لەشی پۆڵس کەوتبوون،
دەهێنا و دەیانخستە سەر نەخۆش و نەخۆشی
نەدەما، ڕۆحە پیسەکانیش دەردەچوون.

## کوڕانی سکاوا

[١٣]هەندێك لەو جولەکە گەڕۆکانەی ڕۆحی
پیسیان دەردەکرد، هەوڵیان دا ناوی عیسای خاوەن
شکۆ بۆ ئەوانە بەکاربهێنن کە ڕۆحی پیسیان
تێدایە، دەیانگوت: «بە ناوی عیسا، ئەوەی پۆڵس
ڕایدەگەیێنێت، فەرمانت پێ دەکەم، دەربچیت.»
[١٤]سکاوا کە کاهینێکی باڵای جولەکە بوو، حەوت
کوڕی ئەم کارەیان دەکرد. [١٥]ڕۆحە پیسەکەش وەڵامی
دانەوە: «عیسا دەناسم و دەربارەی پۆڵسیش دەزانم،
بەڵام ئێوە کێن؟» [١٦]ئینجا پیاوەکەی ڕۆحە پیسەکەی
تێدابوو پەلاماری دان و بەسەر هەموویاندا زاڵبوو،
دەرەقەتیان هات، تەنانەت بە ڕووتی و بریندارییەوە
لەو ماڵە ڕایانکرد.
[١٧]کاتێك ئەو جولەکە و یۆنانییانەی کە لە ئەفەسۆس
دەژیان بەمەیان زانی، هەموو ترس دایگرتن و ناوی
عیسای خاوەن شکۆ بەرزبووەوە. [١٨]هەروەها زۆر
لەوانەی باوەڕیان هێنا، دەهاتن و بە ئاشکرا دانیان

[a] ٩ ڕێگای پاشایەتی عیسا، بڕوانە کردار ١٤:٢٤.

بە كردەوەكانیان دەنا. [19]ژمارەیەك لەوانەی خەریکی جادووگەرییتی بوون، پەڕتووكەكانیان كۆدەكردەوە و لەبەردەم هەمووواندا دەیانسووتاندن. نرخەكانیان ژمارد، بینییان پەنجا هەزار پارچە زیوە[a]. [20]بەم شێوەیە پەیامی مەسیحی خاوەن شكۆ بە تواناوە گەشەی دەكرد و بەهێز دەبوو.

## شڵەژانێکی ترسناك لە ئەفەسۆس

[21]لەدوای ئەوەی ئەم شتانە ڕوویاندا، پۆڵس بڕیاری دا بە مەكدۆنیا و ئەخایادا تێبپەڕێت و بچێتە ئۆرشەلیم، گوتی: «پاش ئەوەی لەوێ دەبم، دەبێت ڕۆماش ببینم.» [22]ئینجا پۆڵس دووان لە یاریدەدەرەكانی نارد بۆ مەكدۆنیا كە تیمۆساوس و ئەراستۆس بوون، خۆشی ماوەیەك لە هەرێمی ئاسیا مایەوە.

[23]لەو كاتەدا لەبەر ڕێگاكە[b] ئاژاوەیەكی گەورە سەریهەڵدا. [24]زیوگەرێك بە ناوی دیمیتریۆس كە پەرستگای بچووكی زیوینی ئەرتەمیسی دروستدەكرد. ئەمە قازانجێكی باشی هەبوو بۆ پیشەوەران. [25]ئیتر كرێكارەكانی خۆی و هاوپیشەكانی كۆكردەوە و گوتی: «كوڕینە، هەروەك دەزانن لەم پیشەیەوە داهاتێكی باشمان دەستدەكەوێت، [26]بینیوتانە و بیستووتانە كە نەك تەنها لە ئەفەسۆس، بگرە لە هەموو ئاسیا، ئەم پۆڵسە قەناعەتی بە خەڵكێكی زۆر هێناوە و لەڕێ لایداون، دەڵێت ئەوانەی دەستكردن خودا نین. [27]نەك تەنها ئیشەكەمان دەكەوێتە مەترسییەوە بەڵكو پەرستگاكەی ئەرتەمیسی خواژنی گەورەش هیچ بەهایەكی نامێنێت، ئەوەی هەموو ئاسیا و جیهان دەیپەرستن پایەبەرزییەكەی لەدەست بدات.»

[28]كاتێك گوێیان لێبوو تووڕە بوون و هاواریان دەكرد: «پایە بەرزە ئەرتەمیسی ئەفەسۆسییەكان!» [29]ئەم شڵەژانە هەموو شارەكەی گرتەوە، خەڵكەكە گایۆس و ئەریستارخۆسی مەكدۆنییان ڕاكێشایە ناو گۆڕەپانی شانۆی شار، كە هاوڕێی پۆڵس بوون لە گەشتەكەیدا. [30]پۆڵس ویستی بچێتە ناو خەڵكەكە، بەڵام قوتابییەكان نەیانهێشت. [31]هەروەها هەندێك گەورە پیاوی ئاسیا كە دۆستی بوون، ناردیانە لای و لێی پاڕانەوە كە نەچێتە شانۆكە.

[32]ئیتر هەندێك هاواری شتێكیان دەكرد و هەندێك شتێكی دیكە، چونكە كۆڕەكە[c] شێوا بوو، زۆربەشیان نەیاندەزانی بۆچی كۆبوونەتەوە. [33]ئینجا ئەسكەندەریان لەناو خەڵكەكەوە ڕاكێشا، جولەكەش بۆ پێشەوە پاڵیان پێوە دەنا، ئەسكەندەریش دەستی بەرزكردەوە دەیویست لەبەردەم خەڵكەكە بەرگری لە خۆی بكات. [34]بەڵام كە زانییان جولەكەیە، نزیكەی دوو كاتژمێر هەموویان بەیەكەوە هاواریان دەكرد: «پایە بەرزە ئەرتەمیسی ئەفەسۆسییەكان!»

[35]ئینجا فەرمانڕەوای شارەكە خەڵكەكەی هێمن كردەوە و گوتی: «پیاوانی ئەفەسۆس، كێ هەیە نەزانێت كە شاری ئەفەسۆسییەكان پاسەوانی پەرستگای ئەرتەمیسی گەورە و ئەو پەیكەرەیە كە لە ئاسمانەوە كەوتە خوارەوە؟ [36]بۆیە كە ئەمانە نكۆڵییان لێ ناكرێت، پێویستە هێمن بنەوە و شتێك بە سەرەڕۆیی نەكەن. [37]ئێوە ئەم دوو پیاوەتان هێناوە، كە نە پەرستگایان بڕیوە نە كفریان سەبارەت بە خواژنەكەمان كردووە. [38]بەڵام ئەگەر دیمیتریۆس و پیشەوەرەكانی لەگەڵ ئەون سكاڵایان لە كەسێك هەیە، ئەوا دادگاكان كراونەتەوە و دادوەر هەیە، با سكاڵا لە یەكتری بكەن. [39]ئەگەر داوای شتێكی دیكەش دەكەن، ئەوا لە كۆڕی یاساییدا سەیر دەكرێت. [40]لە ڕاستیدا لە مەترسیداین بەوەی كە تاوانبار بكرێین بە ئاژاوەنانەوە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ، هیچ پاساوێكمان نییە بۆ پاكانەی ئەم كۆبوونەوەیە.» [41]كە ئەم شتانەی گوت، كۆمەڵەكەی[d] بڵاوە پێكرد.

## پۆڵس لە مەكدۆنیا و یۆنان

٢٠ دوای نەمانی ئاژاوەكە، پۆڵس قوتابییەكانی بانگكرد و وورەی بەرزكردنەوە، ماڵئاوایی لێكردن و بەرەو مەكدۆنیا بەڕێكەوت. [2]كاتێك

[a] ١٩ هەر پارچە زیوێك نزیكەی ڕۆژانەی كرێكارێك بووە.
[b] ٢٣ ڕێگای پاشایەتی عیسا، بڕوانە كردار ١٤:٢٤.
[c] ٣٢ یۆنانی: ئێكلێسیا: كڵێسا.
[d] ٤١ یۆنانی: ئێكلێسیا: كڵێسا.

بەو ناوچانەدا تێپەڕی، بە زۆر وشە ورەیانی بەرز
کردەوە، هاتە یۆنان، ٣لەوێ سێ مانگی بەسەربرد. کە
بەتەمابوو بە دەریادا بچێتە سوریا جولەکە پیلانیان
بۆی گێڕا، بڕیاری دا بە مەکدۆنیادا بگەڕێتەوە.
٤ئەمانەی لەگەڵ بوو: لە بیریە سوپاترۆسی
کوڕی پیرۆس، لە سالۆنیکییان ئەریستارخۆس و
سەکوندۆس، گایۆس لە دەربە و تیمۆساوس، لە
ئاسیاش تیخیکۆس و ترۆفیمۆس. ٥ئەمانە پێشمان
کەوتن و لە ترۆیاس چاوەڕێیان دەکردین. ٦بەڵام
ئێمە دوای جەژنی فەتیرە، سواری کەشتی بووین
و فیلیپیمان بەجێهێشت، پاش گەشتی پێنج ڕۆژ
گەیشتینە بەندەری ترۆیاس، لەوێ بەوانەی دیکە
شاد بووینەوە و حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوە.

## پۆڵس لە ترۆیاس

٧لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا بۆ نانلەتکردن
کۆبووینەوە، پۆڵس گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن،
چونکە بەتەمابوو ڕۆژی دواتر بڕوات، بۆیە هەتا
نیوە شەو قسەی بۆ کردن. ٨ئەو ژوورەی سەرەوە
کە لێی کۆببووینەوە چرای زۆری لێبوو. ٩گەنجێك
ناوی یوتیخۆس بوو لەناو پەنجەرەدا دانیشتبوو،
خەوەکوتکێیەکی قورس دەیبردەوە، پۆڵس وتارێکی
درێژی دەدا، جا خەوی لێ کەوت و لە نهۆمی
سێیەمەوە کەوتە خوارەوە، بە مردوویی هەڵگیرایەوە.
١٠پۆڵس هاتە خوارەوە خۆی بەسەریدا دا و لە باوەشی
گرت، گوتی: «مەشێوێن، ژیانی تێدایە!» ١١دوایی پۆڵس
چووە سەرەوە، نانی لەتکرد و خواردی، هەتا بەرەبەیان
قسەی کرد، پاشان لەوێ ڕۆیشت. ١٢گەنجەکەشیان بە
زیندوویتی برد و زۆر دڵنەوایی کران.

## لە تروادەوە بۆ میلیتۆس

١٣پۆڵس بە ڕێگای وشکانی چوو بۆ ئەسۆس،
ئێمەش بە سواری کەشتی بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتین
چونکە بڕیاری دابوو کە لەوێ چاومان پێی بکەوێت.
١٤کاتێك لە ئەسۆس تووشمان بوو، هەڵمانگرت و
هاتینە میتیلینی. ١٥لەوێش بە دەریادا ڕۆیشتین
و بۆ بەیانی گەیشتینە بەرامبەر خیۆس، بۆ ڕۆژی
دواتر گەیشتینە سامۆس، ڕۆژی دوای ئەوەش هاتینە
میلیتۆس. ١٦جا پۆڵس بڕیاری دابوو کە ئەفەسۆس
بەجێبهێڵێت نەوەك ماوەیەك لە ئاسیادا بمێنێتەوە،
چونکە پەلەی دەکرد، بەڵکو بتوانێت لە ڕۆژی
پەنجایەمین بگاتە ئۆرشەلیم.

## وتەی پۆڵس بۆ پیرانی ئەفەسۆس

١٧پۆڵس لە میلیتۆسەوە ناردی بۆ ئەفەسۆس،
بانگی پیرانی کڵێسای کرد. ١٨کاتێك هاتنە لای پێی
گوتن: «ئێوە دەزانن لە یەکەم ڕۆژەوە کە پێم خستە
ناو ئاسیا، بە درێژایی کاتەکە چۆن بووم لەگەڵتان،
١٩لە کاتێکدا کە بە پیلانی جولەکە بەرهەڵستکارەکان
تووشی تاقیکردنەوەی سەخت بووم، بەوپەڕی بێفیزی
و فرمێسکەوە خزمەتی عیسای خاوەن شکۆم دەکرد.
٢٠هیچم لەو شتانە دوانەخستووە کە سوودبەخشن و
بۆم ڕاگەیاندوون، بە ئاشکرا و ماڵەوماڵ فێرم کردوون.
٢١شایەتی ئەوەم داوە لای جولەکە و یۆنانییەکان کە
دەبێت تۆبە بکەن و بۆ لای خودا بگەڕێنەوە و باوەڕ
بە عیسای خاوەن شکۆمان بهێنن.
٢٢«ئەوەتا ئێستا وا بە ڕۆحی پیرۆز بەستراوم،
دەچمە ئۆرشەلیم و نازانم چیم بەسەردێت. ٢٣تەنها
ڕۆحی پیرۆز لە هەموو شارێك شایەتیم بۆ دەدات
کە گرتن و ناخۆشی چاوەڕێم دەکات. ٢٤بەڵام هیچ
بەهایەکم بۆ ژیانی خۆم دانەناوە، تەنها ئامانجم
ئەوەیە، ئەو پێشبڕکێیە تەواو بکەم و ئەو ئەرکە
بەجێبگەیەنم کە عیسای خاوەن شکۆ بە منی سپارد،
ئەویش ئەرکی شایەتیدانە بۆ مزگێنی نیعمەتی خودا.
٢٥«ئێستا دەزانم هیچکام لە ئێوە ئیتر نامبیننەوە
کە بە ناوتاندا دەگەڕام و پاشایەتی خودام ڕادەگەیاند.
٢٦هەر بۆیە ئەمڕۆ شایەتیتان بۆ دەدەم، کە لە
خوێنی هەمووان بێتاوانم، ٢٧چونکە لە ڕاگەیاندنی
تەواوی خواستی خودا بۆتان دوانەکەوتم. ٢٨ئاگاتان
لە خۆتان و لە هەموو مێگەلەکە بێت، ئەوەی ڕۆحی
پیرۆز ئێوەی کردووە بە چاودێر بەسەریانەوە، تاکو
شوانایەتی کڵێسای خودا بکەن، ئەوەی بە خوێنی

خۆی[a] کڕیوەتی. [٢٩]دەزانم پاش ڕۆیشتنم گورگی ڕفێنەر دێنە ناوتان، بەزەییان بە مێگەلەکە نایەتەوە. [٣٠]هەروەها لەنێو خۆتاندا خەڵکانێك پەیدا دەبن، باسی شتی خوار دەکەن، تاکو قوتابییەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. [٣١]بۆیە ئێشك بگرن، لە بیرتان بێت بۆ ماوەی سێ ساڵ شەو و ڕۆژ بە فرمێسکەوە نەوەستاوم لە ئاگادارکردنەوەی هەر یەکێکتان.

[٣٢]«ئێستاش بە خودا و وشەی نیعمەتەکەیتان دەسپێرم، کە توانای هەیە بنیادتان بنێت و لەگەڵ هەموو ئەوانەی پیرۆزکراون میراتتان پێ ببەخشێت. [٣٣]چاوم لە زێڕ و زیو و جلی کەس نەبوو. [٣٤]خۆتان دەزانن پێویستی خۆم و یاوەرانم، ئەم دەستانە دابینیان کردووە. [٣٥]هەموو شتێکم پیشانتاندا کە پێویستە ئاوا ڕەنج بدەن بۆ یارمەتیدانی لاوازان، وشەکانی عیسای خاوەن شکۆتان لەیاد بێت کە خۆی فەرمووی: "بەخشین لە وەرگرتن بەختەوەریترە."»

[٣٦]کاتێك پۆڵس قسەکانی تەواو کرد، لەگەڵ هەموویان چۆکی دادا و نوێژی کرد. [٣٧]هەمووان زۆر گریان، باوەشیان کردبوو بە پۆڵسدا و ماچیان دەکرد، [٣٨]بەو قسەی کردی خەمبار بوون کە گوتی جارێکی دیکە ڕووی نابیننەوە. ئینجا تاکو لای کەشتییەکە لەگەڵی ڕۆیشتن.

## پێشبینییەکان دەربارەی ئازاری پۆڵس

٢١ کاتێك لێیان جیا بووینەوە، بە دەریادا ڕێك بەرەو کووس[b] ڕۆیشتین. ڕۆژی پاشتر بۆ ڕودس لەوێشەوە بۆ پەتارا. [٢]لەوێ کەشتییەکمان بینی دەچووە فینیکیا، سواربووین و ڕۆیشتین. [٣]ئینجا قوبرسمان بینی و بەلای چەپدا بەجێمان هێشت، بەرەو سوریا دەچووین و گەیشتینە سور، چونکە کەشتییەکە بارەکەی لەوێ دادەگرت. [٤]لەوێ قوتابییەکانمان دۆزییەوە و حەوت ڕۆژ ماینەوە، بە ڕۆحی پیرۆز تکایان لە پۆڵس دەکرد[c] نەچێتە ئۆرشەلیم. [٥]کاتێك ماوەمان تەواو بوو، بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی درێژە بە گەشتەکەمان بدەین، هەموو قوتابییەکان تاکو دەرەوەی شار بە ژن و منداڵیانەوە لەگەڵمان هاتن. لە کەنارەکە چۆکمان دادا و نوێژمان کرد. [٦]پاشان ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد و سواری کەشتییەکە بووین، ئەوانیش گەڕانەوە ماڵەکانیان.

[٧]کە لە سورەوە گەشتەکەمان کۆتایی پێ هات، گەیشتینە پتولمایس، سڵاومان لە برایان کرد و ڕۆژێك لەلایان ماینەوە. [٨]بۆ بەیانی هاتینە قەیسەرییە و چووینە ماڵی فیلیپۆسی مزگێنیدەر، کە یەکێکە لە حەوتەکە[d]، لەلای ماینەوە. [٩]ئەم چوار کچی پاکیزەی هەبوو پێشبینییان دەکرد.

[١٠]کە چەندین ڕۆژ ماینەوە، پێغەمبەرێك بە ناوی ئاگابۆس لە یەهودیاوە هات. [١١]هاتە لامان و پشتێنەکەی پۆڵسی برد، دەست و پێی خۆی بەستەوە و گوتی: «ڕۆحی پیرۆز ئەمە دەفەرموێ: "خاوەنی ئەم پشتێنە، ڕابەرانی جولەکە بەم شێوەیە لە ئۆرشەلیم دەیبەستنەوە و دەیدەنە دەست نەتەوەکان."»

[١٢]کاتێك ئەمەمان بیست، ئێمە و دانیشتووانی ئەوێ، لە پۆڵس پاڕاینەوە نەچێتە ئۆرشەلیم. [١٣]بەڵام پۆڵس گوتی: «چیتانە، دەگریێن و دڵم دەشکێنن؟ ئامادەم نەك تەنها بەند بکرێم، بەڵکو بۆ ناوی عیسای خاوەن شکۆ لە ئۆرشەلیم بشمرم.» [١٤]کە پێمان قایل نەکرا، وازمان لێهێنا و گوتمان: «با بە خواستی مەسیحی خاوەن شکۆ بێت.»

[١٥]دوای ئەو ڕۆژانە ئامادەکاریمان کرد و چووینە ئۆرشەلیم. [١٦]هەندێك قوتابی قەیسەرییەش لەگەڵمان هاتن و ئێمەیان بردە لای مەناسۆن، کە قوبرسییە و قوتابییەکی کۆنە، تاکو لەلای بمێنینەوە.

## لە ئۆرشەلیم

[١٧]کاتێك گەیشتینە ئۆرشەلیم، برایان بە خۆشییەوە پێشوازییان لێکردین. [١٨]ڕۆژێك دواتر پۆڵس لەگەڵمان

[a] ٢٨ خوێنی مەسیح.

[b] ١ کووس و ڕودس دوو دوورگەن لە دەریای سپی ناوەڕاست.

[c] ٤ بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز داوایان لێکرد.

[d] ٨ بڕوانە ٦:١-٦

هاتە لای یاقوب[a]، هەموو پیرانیش ئامادەبوون. ١٩پۆڵس سڵاوی لێکردن و یەك بە یەکی ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە خودا لەنێو نەتەوەکاندا لە ڕێگەی خزمەتەکەی کردوویەتی.

٢٠کە گوێیان لێبوو، ستایشی خودایان کرد و پێیان گوت: «برا دەبینیت کە هەزاران کەس لەناو جولەکەدا باوەڕیان هێناوە و هەموو دڵگەرمی تەوراتن. ٢١وایان بیستووە کە تۆ هەموو ئەو جولەکانەی لەنێو نەتەوەکاندان فێری هەڵگەڕانەوەیان دەکەیت لە موسا و پێیان دەڵێی منداڵانیان خەتەنە نەکەن و بەگوێرەی نەریت نەژین. ٢٢کەواتە چی بکرێت؟ بێگومان دەبیستن کە تۆ هاتوویت، ٢٣جا ئەوە بکە کە پێت دەڵێین: چوار پیاومان لەلایە نەزریان لەسەرە، ٢٤بیانبە و لەگەڵیان خۆت پاك بکەرەوە و نرخی سەرتاشینەکەیان بۆ بدە، ئەوسا هەموو دەزانن ئەوەی دەربارەی تۆ پێیان گوتراوە ڕاست نییە، تۆش بە پاراستنی تەورات دەڕۆیت. ٢٥دەربارەی ناجولەکەکانیش کە باوەڕیان هێناوە، نامەیەکمان ناردووە و فەرمانمان کرد خۆیان لە قوربانی بت و لە خوێن، لە گۆشتی ئاژەڵی خنکێنراو و لە داوێنپیسی بپارێزن.»

٢٦بۆ بەیانی پۆڵس پیاوەکانی برد و لەگەڵیان خۆی پاك کردەوە، چووە ناو پەرستگا تاکو تێبینی بدات بۆ کۆتایی هاتنی ڕۆژانی پاکبوونەوە، تاکو لە جیاتی هەر یەکێکیان قوربانییەکەی بکات.

## گرتنی پۆڵس

٢٧کاتێك خەریك بوو حەوت ڕۆژەکە تەواو بێت، جولەکەی ئاسیا پۆڵسیان لەناو پەرستگا بینی، جا هەموو خەڵکەکەیان جۆشدا و گرتییان، ٢٨هاواریان دەکرد: «خەڵکی ئیسرائیل فریابکەون! ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە هەموو شوێنێك لە دژی گەل و تەورات و ئەم شوێنە هەموو خەڵك فێردەکات، تەنانەت یۆنانیشی هێناوەتە پەرستگا و ئەم شوێنە پیرۆزەی گڵاو کرد!» ٢٩چونکە تروفیمۆسی خەڵکی ئەفەسۆسییان لە شارەکەدا لەگەڵی بینیبوو، وایانزانی پۆڵس لەگەڵ خۆی هێناویەتییە پەرستگا.

٣٠ئینجا هەموو شارەکە وروژا، خەڵکەکەش لە هەموو لایەکەوە ڕایانکرد. پۆڵسیان گرت، ڕایانکێشایە دەرەوەی پەرستگا، دەستبەجێ دەرگاکان داخران. ٣١کاتێك هەوڵی کوشتنیان دەدا، هەواڵ بە فەرماندەی هێز درا کە هەموو ئۆرشەلیم شڵەژاوە. ٣٢یەکسەر سەرباز و سەرپەلی برد و ڕایکردە لایان. کە فەرماندە و سەربازەکانیان بینی لە لێدانی پۆڵس وەستان.

٣٣ئیتر فەرماندەکە نزیك بووەوە و گرتی، فەرمانی دا بە دوو زنجیر بیبەستنەوە، ئینجا پرسیاری کرد ئاخۆ کێیە و چی کردووە. ٣٤بەڵام لەناو خەڵکەکەدا هەندێك هاواری شتێکی دیکەیان دەکرد. جا بەهۆی ئاژاوەکەوە نەیتوانی ڕاستییەکە بزانێت، فەرمانی دا پۆڵس ببردرێتە سەربازگە. ٣٥کاتێك لەسەر قاڵدرمەکان[b] بوو، لەبەر توندوتیژی خەڵکەکە سەرباز هەڵیانگرت، ٣٦چونکە ئەو خەڵکەی کە دوای کەوتبوون هاواریان دەکرد: «لە ناوی ببە!»

٣٧خەریك بوو پۆڵس بچێتە سەربازگەکە، بە فەرماندەکەی گوت: «دەتوانم شتێکت پێ بڵێم؟» گوتی: «یۆنانی دەزانیت؟ ٣٨تۆ ئەو پیاوە میسرییە نیت ئەوەی کە ماوەیەك لەمەوبەر ئاژاوەیەکی نایەوە و فەرماندەیی چوار هەزار پیاوکوژی کرد بەرەو بیابان؟»

٣٩پۆڵس گوتی: «من جولەکەم، خەڵکی تەرسۆسی کیلیکیا، هاوڵاتی شارێکی بچووك نیم. داوات لێ دەکەم ڕێگام بدەی قسە بۆ خەڵکەکە بکەم.»

٤٠ئیتر ڕێگای دا، پۆڵس لەسەر قاڵدرمەکان ڕاوەستا، بە دەست ئاماژەی بۆ خەڵکەکە کرد. کاتێك بێدەنگ بوون، بە زمانی عیبری قسەی بۆ کردن و گوتی:

## بەرگری پۆڵس

٢٢ «برایان و باوکان، ئێستا گوێ لەو بەرگرییە بگرن کە لە خۆمی دەکەم.» ٢کاتێك گوێیان لێبوو بە زمانی عیبری قسەیان بۆ دەکات زیاتر بێدەنگ بوون.

[a] ١٨ برای مەسیح، بڕوانە گەلاتیا ١:١٩

[b] ٣٥ پێپلیکانە

ئەویش گوتی: [٣]«من جولەکەم، لە تەرسۆسی کیلیکیا لەدایك بووم، بەڵام لەم شارە گەورە بووم، لەبەردەستی[a] گەمالائیل بە توندی بەگوێرەی تەوراتی باوباپیرانمان فێرکراوم. زۆر دڵگەرم بووم بۆ خودا، وەك ئەمڕۆ هەر یەکێکتان. [٤]شوێنکەوتووانی ئەم ڕێگایەم هەتا مردن چەوساندەوە، ژن و پیاوم دەگرت و ڕادەستی زیندانم دەکردن، [٥]وەکو سەرۆك کاهین و هەموو ئەنجومەنی پیران شایەتیم بۆ دەدەن. نامەم بۆ برایانی دیمەشق لەوان وەرگرت، چووم تاکو ئەوانەی ئەوێش بە بەندکراوی بهێنمە ئۆرشەلیم تاکو سزا بدرێن.

[٦]«ئەوە بوو کاتێك دەڕۆیشتم و لە نیوەڕۆدا لە دیمەشق نزیك دەبوومەوە، لەناکاو لە ئاسمانەوە ڕووناکییەکی گەورە لە دەوروبەرم درەوشایەوە. [٧]کەوتمە سەر زەوی و گوێم لە دەنگێك بوو پێی فەرمووم: ”شاول! شاول! بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟“

[٨]«وەڵامم دایەوە: ”گەورەم، تۆ کێیت؟“

«پێی فەرمووم: ”من عیسای ناسیرەییم، ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە.“ [٩]ئەوانەی لەگەڵم بوون ڕووناکییەکەیان بینی، بەڵام لەو دەنگە تێنەگەیشتن کە قسەی لەگەڵم دەکرد.

[١٠]«گوتم: ”ئەی خاوەن شکۆ، چی بکەم؟“»

«مەسیحی خاوەن شکۆ پێی فەرمووم: ”هەستە بڕۆ دیمەشق، لەوێ هەموو ئەوەی بۆت دانراوە بیکەیت، پێت دەگوترێ.“ [١١]جا لەبەر هێزی ڕووناکییەکە نەمدەبینی، ئەوانەی لەگەڵم بوون دەستیان گرتم و هێنامیانە دیمەشق.

[١٢]«پیاوێك بە ناوی حەنانیا، بەگوێرەی تەورات لەخواترس، هەموو جولەکەی ئەوێ بە باشی باسیان دەکرد. [١٣]هاتە لام، وەستا و پێی گوتم: ”شاولی برام، ببینە.“ یەکسەر ئەوم بینی.

[١٤]«ئینجا گوتی: ”خودای باوباپیرانمان هەڵیبژاردووی تاکو خواستی بزانیت، هەروەها ڕاستودروستەکە[b] ببینیت و گوێت لە وشەی دەمی ئەو بێت، [١٥]چونکە تۆ بۆ هەموو خەڵك دەبیتە شایەتی ئەو، بەوەی بینیت و بیستت. [١٦]ئێستا بۆ خۆت دوادەخەیت؟ هەستە لە ئاو هەڵبکێشرێ و بە پاڕانەوە بە ناوی ئەو گوناهەکانت بشۆرەوە.“

[١٧]«ئەوە بوو کە بۆ ئۆرشەلیم گەڕابوومەوە و لە پەرستگا نوێژم دەکرد، لەهۆشی خۆم چووم، [١٨]مەسیحم بینی و پێی فەرمووم: ”خێراکە و بە پەلە لە ئۆرشەلیم بڕۆ دەرەوە، چونکە شایەتییەکەت کە سەبارەت بە منە وەرناگرن.“

[١٩]«منیش گوتم: ”خاوەن شکۆ، خۆیان دەزانن لە هەموو کەنیشتەکان ئەوانەی باوەڕیان بە تۆ هەبوو، دەمگرتن و دارکاریم دەکردن. [٢٠]کاتێك خوێنی ستیفانۆسی شایەتی تۆ ڕژا، من ڕاوەستابووم، ڕازی بووم و پارێزگاریم لە جلوبەرگی بکوژانی دەکرد.“

[٢١]«بەڵام پێی فەرمووم: ”بڕۆ! بۆ دوور دەتنێرم، بۆ نەتەوەکان.“»

[٢٢]هەتا باسی نەتەوەکان گوێیان لە پۆڵس گرت، ئینجا هاواریان کرد و گوتیان: «لەسەر ڕووی زەوی مەیهێڵە! چونکە ئەمە شایانی ژیان نییە!» [٢٣]ئینجا هاواریان کرد و جلەکانی خۆیان فڕێدەدا و خۆڵیان بە هەوادا دەکرد. [٢٤]فەرماندەکە فەرمانی دا بۆ سەربازگە ببردرێت و لەژێر قامچیدا لێی بکۆڵنەوە، تاکو بزانێت بۆچی ئاوا هاواریان لێی دەکرد.

## پۆڵس هاوڵاتییەکی ڕۆمانییە

[٢٥]کاتێك بەستیانەوە تاکو بە قامچی لێی بدەن، پۆڵس بە سەرپەلەکەی گوت کە لەوێ وەستا بوو: «ئایا لە ڕووی یاساییەوە ڕێتان پێدراوە کە هاوڵاتی ڕۆمانی بەر قامچی بدەن کە هێشتا نەسەلمێنراوە تاوانبارە؟» [٢٦]کاتێك سەرپەلەکە گوێی لەمە بوو چووە لای فەرماندەکە، هەواڵی پێدا و گوتی: «ئەوە بەتەمای چی بکەیت؟ ئەم پیاوە هاوڵاتی ڕۆمانییە!»

[٢٧]فەرماندەکەش چوو بۆ لای پۆڵس و پێی گوت: «پێم بڵێ، تۆ هاوڵاتی ڕۆمانیت؟»

گوتی: «بەڵێ.»

[a] ٣ یۆنانی: لەبەرپێی.

[b] ١٤ مەبەست لە مەسیحە

٢٨ فەرماندەکە گوتی: «بە پارەیەکی زۆر ئەم
هاوڵاتی بوونەم وەرگرت.»
پۆڵس گوتی: «بەڵام من بە زگماك هاوڵاتیم.»
٢٩ ئەوانەی بەتەمابوون لێی بکۆڵنەوە دەستبەجێ
لێی دوورکەوتنەوە، فەرماندەکەش کە زانی هاوڵاتی
ڕۆمانییە و وا کۆتی کردووە، ترسا.
٣٠ بۆ بەیانی ویستی بە تەواوی بزانێت بۆچی
جولەکە سکاڵای لێدەکەن، ئازادی کرد و فەرمانی
دا کاهینانی باڵا و هەموو سەنهەدرین کۆببنەوە،
پۆڵسی بانگکرد و لەبەردەمیاندا ڕایگرت.

## پۆڵس لە ئەنجومەنی جولەکە

٢٣ پۆڵس ڕوانییە سەنهەدرین و گوتی:
«برایان، تاکو ئەمڕۆ بە تەواوی ویژدانێکی
پاك بۆ خودا ژیاوم.» ٢ حەنانیای سەرۆك کاهین
فەرمانی بەوانە دا کە لەلای ڕاوەستابوون تاکو
بە دەمیدا بکێشن. ٣ پۆڵس پێی گوت: «خودا لێت
بدات، ئەی دیواری سپیکراو! چۆن دانیشتووی بەپێی
تەورات حوکمم دەدەیت، کەچی پێچەوانەی تەورات
فەرمانی لێدانم دەدەیت؟»
٤ ئەوانەی لەلای ڕاوەستابوون گوتیان: «ئایا جنێو
بە سەرۆك کاهینی خودا دەدەیت؟»
٥ پۆڵس گوتی: «برایان، نەمدەزانی سەرۆك کاهینە،
چونکە نووسراوە: ﴿بە خراپە باسی سەرکردەیەکی
گەلەکەت مەکە.﴾[a]»
٦ پۆڵس دەیزانی بەشێك سەدوقین و بەشێك
فەریسی، لە سەنهەدریندا هاواری کرد: «برایان،
من فەریسی کوڕی فەریسیم. لەبەر هیوام بە
هەستانەوەی مردووان وا حوکم دەدرێم.» ٧ کە
ئەمەی گوت، ناکۆکی کەوتە نێوان فەریسی و
سەدوقییەکان و ئەنجومەنەکە بوو بە دوو بەش،
٨ چونکە سەدوقییەکان دەڵێن هەستانەوە و فریشتە
و ڕۆح نین، بەڵام فەریسییەکان دان بە هەموو
ئەمانەدا دەنێن.
٩ ئینجا هاوار بەرزبووەوە، هەندێك لە
مامۆستایانی تەورات کە فەریسی بوون هەستان و
بە توندی دەمەقاڵەیان دەکرد: «تاوان لەم پیاوەدا
نابینین. مەگەر ڕۆحێك یان فریشتە لەگەڵیدا
دوابێت؟» ١٠ کاتێك ناکۆکییەکە پەرەی سەند،
فەرماندەکە ترسا پۆڵس پارچەپارچە بکەن، ئینجا
فەرمانی بە سەربازەکان دا دابەزن، لەنێوانیاندا
بیڕفێنن و بیبەنەوە سەربازگە.
١١ بۆ شەوی پاشتر، مەسیحی خاوەن شکۆ لەلای
پۆڵس ڕاوەستا و فەرمووی: «ورەت بەرزبێت! وەك
لە ئۆرشەلیم شایەتیت بۆ من دا، دەبێ لە ڕۆماش
ئاوا شایەتی بدەیت.»

## پیلانی جولەکە بۆ کوشتنی پۆڵس

١٢ کاتێك ڕۆژهەڵات جولەکە پیلانیان کێشا،
سوێندیان خوارد و گوتیان کە نە بخۆن و نە بخۆنەوە
هەتا پۆڵس دەکوژن. ١٣ ئەوانەی ئەم پیلانەیان کێشا لە
چل زیاتر بوون. ١٤ چوونە لای کاهینانی باڵا و پیران،
گوتیان: «سوێندمان خواردووە تامی هیچ نەکەین هەتا
پۆڵس دەکوژین. ١٥ ئێستاش ئێوە و سەنهەدرین بە
فەرماندەکە ڕابگەیەنن، بەڵکو بۆ لاتان بینێرێت، وەك
بتانەوێت وردتر لە بابەتەکەی بکۆڵنەوە. ئێمەش پێش
نزیك کەوتنەوەی ئامادەین بۆ کوشتنی.»
١٦ بەڵام کاتێك خوشکەزاکەی پۆڵس بە پیلانەکەی
زانی، هاتە سەربازگە و هەواڵی دایە پۆڵس.
١٧ جا پۆڵس سەرپەلێکی بانگکرد، گوتی: «ئەم
گەنجە ببە لای فەرماندەکە، چونکە هەواڵێکی پێیە
بیداتێ.» ١٨ ئەویش بردییە لای فەرماندەکە.
گوتی: «پۆڵسی بەندکراو بانگی کردم و داوای
لێکردم ئەم گەنجە بهێنمە لات، شتێکی هەیە پێتی
بڵێت.»
١٩ فەرماندەکەش دەستی گرت و بە تەنها بردییە
ئەو لاوە، لێی پرسی: «چیت هەیە پێمی بڵێی؟»
٢٠ گوتی: «جولەکە ڕێککەوتوون داوات لێ
بکەن کە بەیانی پۆڵس بنێریتە سەنهەدرین، وەك
بیانەوێت وردتر لێی بکۆڵنەوە. ٢١ بۆیە ڕازی مەبە
بە داواکارییەکانیان، چونکە زیاتر لە چل پیاویان

---
[a] ٥ دەرچوون ٢٢:٢٨

لە بۆسەدان بۆی، سوێندیان خواردووە نەخۆن و نەخۆنەوە هەتا دەیکوژن. ئێستا ئامادەن و چاوەڕێی بەڵێنن لە تۆوە.»

٢٢ فەرماندەکە گەنجەکەی بەڕێکرد و فەرمانی پێدا: «بە کەس نەڵێیت کە ئەمەت بە من گوتووە.»

## ناردنی پۆڵس بۆ لای فیلیکس

٢٣ ئینجا دووان لە سەرپەلەکانی بانگکرد و گوتی: «دوو سەد سەرباز لەگەڵ حەفتا سوار و دوو سەد ڕمهەڵگر ئامادە بکەن، تاکو لە کاتژمێر نۆی[a] شەو بچنە قەیسەرییە. ٢٤ هەروەها وڵاخ ئامادە بکرێ تاکو پۆڵس سواری بێت و بە سەلامەتی بیگەیێننە لای فیلیکسی فەرمانڕەوا.»

٢٥ نامەیەکی نووسی ئەمەی تێدابوو:

٢٦ لە کلودیۆس لیسیاس،
بۆ بەڕێز فیلیکسی فەرمانڕەوا،
سڵاو.

٢٧ ئەم پیاوە، جولەکە گرتییان و خەریك بوو بیکوژن، بەڵام لەگەڵ سەربازان چووم و ڕزگارم کرد، چونکە بیستمەوە هاوڵاتی ڕۆمانییە. ٢٨ دەمویست بزانم بە چی تاوانباری دەکەن، بردمە سەنهەدرینەکەیان. ٢٩ بینیم لەبەر کاروباری تەوراتەکەیان تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانێکی لەسەر نەبوو کە شایانی سزای مردن یان بەندکردن بێت. ٣٠ کاتێك ئاگادار کرامەوە کە پیلانێك لەم پیاوە دەگێڕدرێت، دەستبەجێ بۆ لای تۆم نارد، فەرمانم بە سکاڵاکاران کرد چییان لەسەری هەیە لەلای تۆ باسی بکەن.

٣١ بۆیە سەربازان وەك فەرمانیان پێ کرابوو، پۆڵسیان برد و بە شەو بۆ ئەنتیپاتریسیان[b] هێنا. ٣٢ بۆ بەیانی سوارەکانیان لەگەڵ نارد و خۆیان بۆ سەربازگە گەڕانەوە. ٣٣ سوارەکانیش چوونە قەیسەرییە و نامەکەیان دایە فەرمانڕەوا و پۆڵسیان بردە بەردەمی. ٣٤ خوێندییەوە و پرسی خەڵکی چ ناوچەیەکە. زانی خەڵکی کیلیکیایە، ٣٥ گوتی: «کەی سکاڵاکاران گەیشتن، گوێت لێ دەگرم.» ئینجا فەرمانی دا لە کۆشکی هێرۆدس پاسەوانی بکرێت.

## سکاڵای جولەکەکان لە دژی پۆڵس

٢٤ پاش پێنج ڕۆژ حەنانیای سەرۆك کاهین و هەندێك پیر و پارێزەرێك بە ناوی تەرتولۆس هاتن، لەلای فەرمانڕەوا سکاڵایان لە پۆڵس کرد. ٢ کاتێك پۆڵس بانگکرا، تەرتولۆس دەستی بە سکاڵاکە کرد و گوتی: «فیلیکسی پایەبەرز، بەهۆی دووربینیت وا لە ئاشتییەکی زۆرداین و ئەم گەلە چاکسازی بۆ دەکرێت، ٣ بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو شوێنێك بە سوپاسەوە بەمە دەزانین. ٤ بەڵام تاکو زیاتر ماندووت نەکەم، داواکارم بە نەرمونیانی خۆت، بە کورتی گوێمان لێ بگریت.

٥ «بینیمان ئەم پیاوە گێرەشێوێنە و لەناو هەموو جولەکەی سەراپای جیهاندا ئاژاوە دەنێتەوە، پێشەوای ڕێبازی ناسیرەییەکانە. ٦ هەوڵی دا پەرستگا گڵاو بکات و ئێمەش گرتمان. [ویستمان بەگوێرەی تەوراتی خۆمان حوکمی بدەین. ٧ بەڵام لیسیاسی فەرماندە هات و بە زەبری هێز لە دەستی سەندین و ٨ فەرمانی بە سکاڵاکارانی کرد بێنە لات.] جا ئەگەر لێی بکۆڵیتەوە، هەر لە خۆی هەموو ئەو شتانە دەزانیت کە سکاڵای لەو پێدەکەین.»

٩ جولەکەش لایەنگریان کرد و گوتیان، شتەکان وایە.

١٠ کە فەرمانڕەوا ئاماژەی بۆ کرد قسە بکات، پۆڵس وەڵامی دایەوە: «دەزانم ساڵانێکی زۆرە تۆ دادوەری ئەم گەلەیت، بۆیە بە خۆشییەوە بەرگری لە خۆم دەکەم. ١١ دەتوانیت دڵنیابیت، دوازدە ڕۆژ تێپەڕی نەکردووە کە بۆ پەرستن هاتوومەتە ئۆرشەلیم. ١٢ نە لە پەرستگا منیان بینیوە مشتومڕ لەگەڵ یەکێك بکەم و نە خەڵکم وروژاندووە، نە لە کەنیشتەکان و نە لە هیچ شوێنێکی ئەم شارە. ١٣ ناتوانن ئەو شتانە

[a] ٢٣ یۆنانی: کاتژمێری سێ.
[b] ٣١ شارێك بووە کە ئێستا پێی دەگوترێ ڕەئسلعەین، نزیکەی ٤٠کم لە ئۆرشەلیم دوورە.

بسەلمێنن کە ئێستا پێی تاوانبارم دەکەن. [١٤]بەڵام ئەمە بۆ تۆ دەدرکێنم، بەگوێرەی ئەو ڕێگایەی[a] پێی دەڵێن ڕێباز ئاوا خودای باوباپیرانم دەپەرستم، باوەڕم هەیە بە هەموو ئەوەی بەگوێرەی تەوراتە و لە پەڕتووکی پێغەمبەراندا نووسراوە. [١٥]هیوام بە خودایە لەوەی خۆیان چاوەڕێی دەکەن، کە هەستانەوە دەبێت، بۆ ڕاستودروستان و خراپەکارانیش. [١٦]لەبەر ئەوە تێدەکۆشم تاکو هەمیشە ویژدانێکی پاکم بەرامبەر خودا و خەڵك هەبێت.

[١٧]«لەدوای ساڵانێکی زۆر گەڕامەوە تاکو پیتاك بۆ گەلەکەم بهێنم و قوربانی بکەم. [١٨]منیان لە حەوشەکانی پەرستگادا لە کاتی خۆپاککردنەوەدا بینی، بەڵام نە لەناو خەڵك و نە لەناو ئاژاوە. [١٩]بەڵام هەندێك لەو جولەکانەی ئاسیا، ئەگەر شتێکیان لە دژی من هەبووایە، دەهاتنە لات و سکاڵایان لەسەرم دەکرد. [٢٠]یان با خۆیان بڵێن چ تاوانێکیان دۆزییەوە، کاتێك لەبەردەم سەنهەدریندا ڕاوەستام، [٢١]جگە لەم ڕاگەیاندنە کاتێك لەنێویان ڕاوەستابووم هاوارم کرد: ”سەبارەت بە هەستانەوەی مردووانە ئەمڕۆ ئێوە حوکمم دەدەن!“»

## پۆڵس لە بەندیخانەی قەیسەرییە

[٢٢]فیلیکسیش دوایخستن، کە زانیارییەکی باشی دەربارەی ڕێگاکە[b] هەبوو، گوتی: «کە لیسیاسی فەرماندە هات، ئەوا بڕیار لە بابەتەکانی ئێوە دەدەم.» [٢٣]ئینجا فەرمانی بە سەرپەلەکە دا کە چاودێری پۆڵس بکرێت، بەڵام هەندێك سەربەستی هەبێت، کەسیش ڕێگا لە هاوڕێیەکانی نەگرێت بۆ خزمەتکردنی.

[٢٤]پاش چەند ڕۆژێك فیلیکس و دروسیلای ژنی هاتن، کە جولەکە بوو، پۆڵسی بانگکرد و لەبارەی باوەڕ بە عیسای مەسیح گوێی لێ گرت. [٢٥]کاتێك پۆڵس لەبارەی ڕاستودروستی و بەسەرخۆدا زاڵبوون و حوکمدانی داهاتوو دەدوا، فیلیکس ترسا و گوتی: «ئێستا بڕۆ. کەی کاتم هەبوو بانگت دەکەمەوە.» [٢٦]بە هیوا بوو پۆڵس بەرتیلی بداتێ، بۆیە بەردەوام بانگی دەکرد و قسەی لەگەڵ دەکرد.

[٢٧]دوو ساڵ تێپەڕی و پورکیۆس فێستۆس شوێنی فیلیکسی گرتەوە. بەڵام دەیویست ڕەزامەندی جولەکە بەدەستبهێنێت، فیلیکس پۆڵسی لە بەندیخانە هێشتەوە.

## بابەتی پۆڵس لەلای قەیسەر

٢٥ کاتێك فێستۆس گەیشتە هەرێمەکە، لەدوای سێ ڕۆژ لە قەیسەرییەوە چووە ئۆرشەلیم. [٢]کاهینانی باڵا و ڕابەرانی جولەکە سکاڵایان لە پۆڵس کرد و لێی پاڕانەوە، [٣]تکایان لێکرد چاکەیەکیان لەگەڵ بکات بەوەی پۆڵس بنێرێتە ئۆرشەلیم، چونکە لەسەر ڕێگا بۆسەیان بۆ نابووەوە تاکو بیکوژن. [٤]فێستۆس وەڵامی دایەوە: «پۆڵس لە قەیسەرییە دەستبەسەرە و خۆشم بە زوویی دەچم بۆ ئەوێ.» [٥]ئینجا گوتی: «با گەورە پیاوانتان لەگەڵم بێن، ئەگەر پیاوەکە خراپەیەکی هەیە، با سکاڵای لێ بکەن.»

[٦]دوای هەشت تاکو دە ڕۆژ لەگەڵیان مایەوە، چوو بۆ قەیسەرییە. بۆ بەیانی لەسەر کورسی دادوەری دانیشت، فەرمانی دا پۆڵس بهێنن. [٧]کاتێك هات، ئەو جولەکانەی لە ئۆرشەلیم هاتبوون لێی کۆبوونەوە، تاوانی زۆر و ترسناکیان خستە پاڵی، بەڵام نەیانتوانی بیسەلمێنن.

[٨]ئەوسا پۆڵس بەرگری لە خۆی کرد: «هیچ شتێکم لە دژی تەوراتی جولەکە یان پەرستگا یان قەیسەر نەکردووە.»

[٩]بەڵام فێستۆس دەیویست چاکە لەگەڵ جولەکەدا بکات، لە پۆڵسی پرسی: «دەتەوێ بچیتە ئۆرشەلیم و لەوێ سەبارەت بەم شتانە دادگاییت بکەم؟»

[١٠]پۆڵس گوتی: «لەبەردەم کورسی دادوەری قەیسەر وەستاوم، دەبێت لێرەش دادگایی بکرێم. خراپەم لەگەڵ جولەکە نەکردووە، خۆت باش دەزانیت. [١١]ئەگەر تاوانێکم کردبێت شایانی سزای مردن بێت، ئەوا لە مردن ڕامنەدەکرد. بەڵام ئەگەر ئەو شتانەی

[a] ١٤ ڕێگای پاشایەتی عیسا.

[b] ٢٢ ڕێگای پاشایەتی عیسا، بڕوانە کردار ١٤:٢٤.

منی پێ تاوانبار دەکەن ڕاست نەبێت، ئەوا کەس ناتوانێت بمداتە دەستیان. داواکەم دەدەمە قەیسەر!»
[١٢]ئینجا فێستۆس لەگەڵ ڕاوێژکاران قسەی کرد و وەڵامی دایەوە: «داواکەت دایە قەیسەر، دەچیتە لای قەیسەر!»

## ڕاوێژی فێستۆس بە ئەگریپاس

[١٣]دوای چەند ڕۆژێك شا ئەگریپاس و بەرنیکی هاتنە قەیسەرییە تاکو سڵاو لە فێستۆس بکەن. [١٤]کاتێك چەند ڕۆژێکیان لەوێ بەسەربرد، فێستۆس بابەتی پۆڵسی خستە بەردەم پاشا، گوتی: «پیاوێك لێرەیە فیلیکس بە گیراوی بەجێی هێشت. [١٥]کاتێك چوومە ئۆرشەلیم، کاهینانی باڵا و پیرانی جولەکە داوایان خستە پێشم تاکو تاوانبار بکرێت.
[١٦]«جا پێم گوتن نەریتی ڕۆمانییەکان نییە پێش ڕووبەڕووکردنەوەی سکاڵا لێکراو و سکاڵاکاران کەسێك بەدەستەوە بدەن، تاکو دەرفەتی بەرگری لە دژی سکاڵاکە هەبێت. [١٧]کاتێك لێرە کۆبوونەوە، خێرا بۆ بەیانییەکەی لەسەر کورسی دادوەری دانیشتم، فەرمانم دا پیاوەکە بهێنن. [١٨]کاتێك سکاڵاکاران بەرامبەری وەستان، تاوانێکی وایان نەهێنا لەوەی بیرم بۆی دەچوو، [١٩]بەڵکو مشتومڕیان لەسەر هەندێك بابەت هەبوو تایبەت بە ئایینیان و دەربارەی پیاوێکی مردوو بە ناوی عیسا کە پۆڵس دەڵێت زیندووە. [٢٠]کاتێك دڵنیا نەبووم چۆن لێکۆڵینەوە لەم شتانە بکەم، گوتم لەوانەیە حەز بکات بچێتە ئۆرشەلیم و لەوێ لەبارەی ئەم شتانە دادگایی بکرێت. [٢١]بەڵام کاتێك پۆڵس داواکارییەکەی بەرزکردەوە کە بۆ بڕیاری ئیمپراتۆر بهێڵرێتەوە، فەرمانم دا بیهێڵنەوە هەتا بۆ قەیسەری دەنێرم.»
[٢٢]ئەگریپاس بە فێستۆسی گوت: «من حەز دەکەم خۆم گوێ لەم پیاوە بگرم.» گوتی: «بەیانی گوێت لێی دەبێت.»
[٢٣]بۆ بەیانی ئەگریپاس و بەرنیکی بە ئاهەنگێکی گەورەوە هاتن، لەگەڵ فەرماندە و پیاوماقوڵانی شار هاتنە هۆڵی گوێگرتن، فێستۆس فەرمانی دا و پۆڵس هێنرا. [٢٤]فێستۆس گوتی: «شا ئەگریپاس و هەموو ئامادەبووانی لەگەڵماندان: ئەم پیاوەی دەیبینن، هەموو گەلی جولەکە لە ئۆرشەلیم و لێرە لێم پاڕانەوە، هاواریان دەکرد کە نابێت چیتر بژیێت. [٢٥]بەڵام بۆم دەرکەوت هیچی نەکردووە شایانی مردن بێت، بەڵام خۆی داواکارییەکەی دایە ئیمپراتۆر، بڕیارم دا بینێرم. [٢٦]بەڵام لەبارەی ئەمە شتێکم نییە بە دڵنیایی بۆ قەیسەری خاوەن شکۆ بینووسم. بۆیە هێنامە بەردەمتان، بە تایبەتی بەردەمی تۆ، شا ئەگریپاس، تاکو کە لێکۆڵینەوە کرا، شتێکم هەبێت بینووسم، [٢٧]چونکە بەلای منەوە شیاو نییە گیراوێك بنێرم بێ دیاریکردنی ئەو تاوانەی لە ئەستۆیەتی.»

## بەرگری پۆڵس لەلای ئەگریپاس

٢٦ ئەگریپاس بە پۆڵسی گوت: «ڕێگات دراوەتێ باسی خۆت بکەیت.» ئینجا پۆڵس دەستی درێژکرد و بەرگری کرد: [٢]«شا ئەگریپاس، خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەبەردەم تۆ بەرگری لە خۆم بکەم، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی جولەکە منیان پێ تۆمەتبار کردووە، [٣]بە تایبەتی تۆ لە هەموو نەریت و کێشەی جولەکە شارەزایت، بۆیە لێت دەپاڕێمەوە بە ئارامی گوێم لێ بگریت.
[٤]«شێوازی ژیانم لە لاویەتیم و لە سەرەتاوە لەنێو گەلەکەم[a] و لە ئۆرشەلیم بووە، هەموو جولەکەش دەزانن. [٥]لەمێژە منیان ناسیوە، ئەگەر بیانەوێت شایەتی بدەن کە وەك فەریسی ژیاوم، توندترین ڕێبازی ئایینەکەمان. [٦]ئێستاش لەسەر ئەو هیوایە ڕاوەستاوم و حوکم دەدرێم کە بەو بەڵێنانەیە خودا بە باوباپیرانی داوە، [٧]ئەوەی دوازدە هۆزەکەمان شەو و ڕۆژ بە پەرۆشەوە خواپەرستی دەکەن، بە هیوای دەستکەوتنی. ئەی پاشا، لەبەر ئەم هیوایە جولەکە تۆمەتبارم دەکەن. [٨]بۆچی ئێوە باوەڕ ناکەن کە خودا مردووان هەڵدەستێنیتەوە؟
[٩]«لە ڕاستیدا خۆم پێم وابوو کە پێویستە زۆر شت لە دژی ناوی عیسای ناسیرەیی بکەم. [١٠]لە ئۆرشەلیم

[a] ٤ مەبەستی ئەوەیە کاتێك لە کیلیکیا بووە

ئەوەم کرد، دەسەڵاتم لە کاهینانی باڵا وەرگرت و
زۆر کەسم لە گەلی پیرۆزی خودا خستە زیندانەوە،
بۆ کوشتنیان دەنگم دەدا. [١١]لە هەموو کەنیشتەکان
زۆر جار سزام دەدان تاکو ناچاریان بکەم کفر
بکەن. ئەوەندە ڕقم لێیان بوو تەنانەت لە شارەکانی
دەرەوەش دەمچەوساندنەوە.

[١٢]«لەوەدا بە دەسەڵات و مۆڵەتی کاهینانی باڵا
دەچوومە دیمەشق. [١٣]جا ئەی پاشا، لە نیوەڕۆدا بە
ڕێگاوە ڕووناکییەکم لە ئاسمانەوە بینی، درەوشاوەتر
لە تیشکدانەوەی ڕۆژ، دەوروبەری من و هاوڕێیانمی
ڕووناک کردەوە. [١٤]هەموومان کەوتینە سەر زەوی.
ئینجا گوێم لە دەنگێك بوو بە زمانی عیبری پێی
فەرمووم: ”شاول، شاول، بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟
بۆت زەحمەتە لوشکە لە نەقیزەی من باوێی[a].“

[١٥]«منیش گوتم: ”تۆ کێیت گەورەم؟“

«مەسیحی خاوەن شکۆ فەرمووی: ”من عیسام،
ئەوەی تۆ دەیچەوسێنیتەوە. [١٦]بەڵام هەستە و لەسەر
پێیەکانت ڕابوەستە. لەبەر ئەوە بۆت دەرکەوتم، کە
وەك خزمەتکار و شایەت هەڵتبژێرم بۆ ئەوەی بینیت
و ئەوەی تێیدا بۆت دەردەکەوم. [١٧]ڕزگارت دەکەم
لە گەلەکەت و لەو نەتەوانەی تۆیان بۆ دەنێرم
[١٨]تاکو چاویان بکەیتەوە، تاکو لە تاریکی بگەڕێنەوە
بۆ ڕووناکی، لە دەسەڵاتی شەیتان بۆ خودا، ئەوسا
لێخۆشبوونی گوناە وەردەگرن و لەگەڵ ئەوانەی بە
باوەڕیان بە من پیرۆزکراون بەشیان دەبێت.“

[١٩]«لەوساوە سەرپێچی بینینی ئاسمانیم
نەکردووە، ئەی شا ئەگریپاس، [٢٠]بەڵکو یەکەم جار
بۆ دانیشتووانی دیمەشق و ئۆرشەلیم ڕامگەیاند،
تاکو هەموو ناوچەی یەهودیا و نەتەوەکانیش تۆبە
بکەن و بۆ خودا بگەڕێنەوە، کردارێك بکەن لە
تۆبەکردن بوەشێتەوە. [٢١]لەبەر ئەمە جولەکەکان لە
حەوشەکانی پەرستگادا منیان گرت و هەوڵیان دا
بمکوژن. [٢٢]بەڵام لە خوداوە یارمەتیم دەستکەوت
و تاکو ئەمڕۆ وەستاوم، شایەتی بۆ گەورە و بچووك
دەدەم. هیچ ناڵێم جگە لەوەی کە پێغەمبەران
و موسا لەبارەی ئەوەی خەریکە ڕوودەدات
گوتوویانە، [٢٣]کە مەسیحەکە ئازار بچێژێت، یەکەمی
هەستانەوەی مردووان بێت، خەریکە ڕووناکی بۆ
گەلەکەی و نەتەوەکان ڕابگەیەنێت.»

[٢٤]کاتێك پۆڵس بەم قسانە بەرگری لە خۆی دەکرد،
فێستۆس هاواری کرد: «پۆڵس شێت بوویت! زۆری
زانایی شێتی کردوویت.»

[٢٥]پۆڵس گوتی: «فێستۆسی پایەبەرز، شێت نیم،
بەڵام قسەی ڕاست و شیاو دەکەم. [٢٦]ئەم پاشایەی
ئازادانە قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەم شتانە دەزانێت،
دڵنیام هیچ لەمانە لەلای شاراوە نییە، چونکە ئەم
کارانە لە سووچێك نەکراون. [٢٧]ئەگریپاسی پاشا، باوەڕت
بە پێغەمبەران هەیە؟ دەزانم باوەڕت هەیە.»

[٢٨]ئەگریپاس بە پۆڵسی گوت: «دەتەوێت بەم کاتە
کەمە قەناعەتم پێ بهێنی ببمە مەسیحی؟»

[٢٩]پۆڵس گوتی: «کاتی کەم یان زۆر، لە خودا
دەپاڕێمەوە نەك تەنها تۆ، بەڵکو هەموو ئەوانەی
ئەمڕۆ گوێم لێ دەگرن وەك منتان لێ بێت، بەڵام بێ
ئەم زنجیرانە.»

[٣٠]جا پاشا و فەرمانڕەوا و بەرنیکی و ئامادەبووان
هەستان، [٣١]دەڕۆیشتن و بە یەکتریان دەگوت: «ئەم
پیاوە شتێکی نەکردووە شایانی سزای مردن یان گرتن
بێت.»

[٣٢]ئەگریپاس بە فێستۆسی گوت: «ئەگەر ئەم
پیاوە داواکارییەکەی نەدابووایە قەیسەر، دەکرا ئازاد
بکرایە.»

## گەشتی پۆڵس بەرەو ڕۆما

٢٧ کاتێك بڕیار درا بە دەریادا بۆ ئیتالیا
بڕۆین، پۆڵس و هەندێك بەندکراوی دیکە
درانە دەست سەرپەلێك لە سوپای ئیمپڕاتۆر ناوی
یولیۆس بوو. [٢]سواری کەشتییەکی ئەدرامیتی بووین،
کە بەتەمابوو بە چەند شوێنێکی ئاسیادا بڕوات، جا
بەڕێکەوتین. ئەریستارخۆسی مەکدۆنیمان لەگەڵ
بوو، خەڵکی سالۆنیکییا.

[a] ١٤ پەندێکی یۆنانییە بۆ بەرهەڵستیکردنی بێ سوود بەکاردێت.

[٣]بۆ بەیانی گەیشتینە سەیدا. یولیۆس لەگەڵ پۆڵس باش بوو، ڕێگای دا بچێتە لای برادەرانی تاکو پێویستییەکانی دابین بکەن. [٤]ئینجا لەوێوە بەڕێکەوتین و بە پەنای قوبرسدا ڕۆیشتین، چونکە با پێچەوانە بوو. [٥]کە ئەو دەریایەمان بڕی، ئەوەی لەتەنیشت کیلیکیا و پامفیلیایە، لە میرای لیکیە دابەزین. [٦]لەوێ سەرپەلەکە کەشتییەکی دۆزییەوە ئەسکەندەری بوو دەچووە ئیتالیا، سواری کردین. [٧]کەشتییەکە ماوەیەکی درێژ بە هێواشی دەڕۆیشت و بە زەحمەت لە کنیدۆس نزیك کەوتینەوە، بایەکە نەیهێشت زیاتر بڕۆین، بە پەنای کریتدا و لە بەرامبەر سەرلمۆن ڕۆیشتین. [٨]بە زەحمەت تێپەڕمان کرد و گەیشتینە شوێنێك پێی دەگوترێ بەندەرە باشەکان، کە لە شاری لەسائیە نزیکە.

[٩]لەدوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر گەشتی دەریایی ترسناك بوو چونکە ڕۆژی کەفارەت[a] بەسەرچووبوو، هەر بۆیە پۆڵس ئاگاداری کردنەوە و [١٠]پێی گوتن: «کوڕینە، دەبینم گەشتەکە بە تێکشکان و زیانێکی گەورەوە دەبێت، نەك تەنها بۆ کەشتی و بارەکەی، بەڵکو بۆ ژیانیشمان.» [١١]بەڵام سەرپەلەکە لایەنگری کەشتیوان و خاوەنەکەی دەکرد، نەك قسەی پۆڵس. [١٢]لەبەر ئەوەی بەندەرەکە بۆ بەسەربردنی زستان باش نەبوو، بۆیە زۆربەیان بڕیاریان دا ئەوێش بەجێبهێڵن، بە هیوای ئەوەی بگەنە فینکس تاکو زستانی تێدا بەسەرببەن، کە بەندەرێکی کریت بوو ڕووەو باشووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا.

## گەشتێکی ترسناك

[١٣]کە شنەبای باشوور هەڵیکرد، وایانزانی بە مرازیان گەیشتن، لەنگەریان بەرزکردەوە و بە نزیك کەناری کریتدا تێدەپەڕین. [١٤]بەڵام دوای کەمێك تۆفانێك کە بە «باکووری ڕۆژهەڵات» ناسراوە لەلای دوورگەکەوە هەڵیکرد و [١٥]کەشتییەکەی گرتەوە و نەیتوانی ڕووبەڕووی بێتەوە، خۆمان بەدەستەوە دا و تۆفانەکە ئێمەی لەگەڵ خۆی برد. [١٦]تۆفانەکە بەرەو ئێمەی پەنای دوورگەیەکی بچووك برد کە ناوی کەودا بوو، بە زەحمەت توانیمان بەلەمی ڕزگاربوون بخەینە ژێر ڕکێفمانەوە. [١٧]کاتێك بەلەمەکەیان بەرز کردەوە، گوریسیان بۆ بەستنەوەی کەشتییەکە بەکاردەهێنا. دەترسان بکەونە ناو تەنکاوی[b] سیرتیس، بۆیە لە کەشتییەکەوە لەنگەری دەریایان[c] دابەزاند، بەو شێوەیە تۆفانەکە کەشتییەکەی برد. [١٨]بۆ بەیانی ڕەشەباکە توند بوو، دەستیان بە سووککردنی بارەکە کرد. [١٩]لە ڕۆژی سێیەم بە دەستی خۆیان کەلوپەلی کەشتییەکەیان فڕێدا. [٢٠]ماوەیەکی درێژ نە خۆرمان بینی و نە ئەستێرە، ڕەشەباکە بەهێزتر دەبوو، لە کۆتاییدا هەموو هیوایەکی ڕزگاربوونمان بڕا.

[٢١]کاتێك ماوەیەکی زۆر بوو نانیان نەخواردبوو، پۆڵس لەناوەڕاستیان ڕاوەستا و گوتی: «کوڕینە، دەبووایە گوێتان لە من بگرتایە و کریتتان بەجێ نەهێشتایە، ئەوسا لەم تێکشکان و زیانە دوور دەبوون. [٢٢]ئێستاش لێتان دەپاڕێمەوە ورە بەرنەدەن، کەستان ژیانی لەدەست نادات، کەشتییەکە نەبێت، [٢٣]چونکە ئەمشەو فریشتەی ئەو خودایەی من هی ئەوم و دەیپەرستم هاتە لام، [٢٤]گوتی: ”پۆڵس مەترسە! دەبێت تۆ لەبەردەم قەیسەر ڕاوەستیت و ئەوەتا خودا ژیانی هەموو ئەوانەت دەداتێ کە لەگەڵت گەشت دەکەن.“ [٢٥]کەواتە کوڕینە، ورەبەرز بن، چونکە باوەڕم بە خودا هەیە کە ئاوا دەبێت، وەك ئەوەی پێی فەرمووم. [٢٦]بەڵام دەبێت بکەوینە سەر دوورگەیەك.»

[٢٧]لە شەوی چواردەیەمیندا کە هێشتا تۆفانەکە لە دەریای ئەدریا کەشتییەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، لە نیوەشەودا کەشتیوانان وایانزانی لە وشکانی نزیك دەبنەوە. [٢٨]کە پێوایان بینییان بیست باڵایە[d]. کەمێك ڕۆیشتن و پێوایانەوە بینییان پازدە باڵایە.

[a] ٩ ڕۆژی کەفارەت دەکەوێتە مانگی تشرینی یەکەم (مانگی ١٠)، پیرۆزترین ڕۆژی جولەکەکانە و لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن. بڕوانە لێڤییەکان ٢٣:٢٧-٢٨.

[b] ١٧ شوێنێك لەنێوان دوو دەریا، قووڵایی کەمە.

[c] ١٧ لەنگەری دەریا: لەنگەرێکی تایبەتە بۆ کەمکردنەوەی خێرایی کەشتی بەکاردەهێنرێت.

[d] ٢٨ نزیکەی ٣٧ مەتر.

[٢٩]دەترسان نەوەك بکەونە سەر بەرد، لە پشتەوە چوار لەنگەریان شۆڕکردەوە و دەپاڕانەوە تاکو ڕۆژ هەڵبێت. [٣٠]کەشتیوانان هەوڵیان دا لە کەشتییەکە هەڵبێن، بەلەمی ڕزگاربوونیان بۆ دەریا شۆڕکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەیانەوێ چەند لەنگەرێك لە پێشەوە شۆڕبکەنەوە. [٣١]پۆڵس بە سەرپەل و سەربازەکانی گوت: «ئەگەر ئەمانە لە کەشتییەکەدا نەمێننەوە، ناتوانن ڕزگارتان بێت.» [٣٢]ئەوسا سەربازەکان گوریسی بەلەمی ڕزگاربوونیان بڕی و وازیان لێی هێنا بکەوێت.

[٣٣]کاتێك خەریك بوو ڕۆژ هەڵدەهات، پۆڵس تکای لە هەمووان کرد نان بخۆن، گوتی: «ئەمە ڕۆژی چواردەیەمینە و ئێوە چاوەڕوان و بەردەوامن بێ ئەوەی هیچ بخۆن و هیچ وەربگرن. [٣٤]بۆیە تکاتان لێ دەکەم نان بخۆن، چونکە ئەمە بۆ ڕزگاربوونتانە. کەستان تاڵێك لە قژی سەری نافەوتێت.» [٣٥]کە ئەمەی گوت، نانێکی هەڵگرت و لەبەردەم هەمووان سوپاسی خودای کرد، ئینجا لەتی کرد و دەستی بە خواردن کرد. [٣٦]ئیتر هەموویان ورەیان بەرزبووەوە و نانیان خوارد. [٣٧]ئەوانەی ناو کەشتییەکە هەموومان دوو سەد و حەفتا و شەش کەس بووین. [٣٨]کە تێر نانیان خوارد، بە فڕێدانی دانەوێڵەکە بۆ ناو دەریا کەشتییەکەیان سووککرد.

## تێکشکانی کەشتییەکە

[٣٩]کاتێك ڕۆژبووەوە، کەشتیوانەکان نەیانزانی لە چ شوێنێکدان، بەڵام کەنداوێکیان بینی کەناری هەبوو، دەیانویست ئەگەر بتوانن کەشتییەکە بەرەو ئەوێ ببەن. [٤٠]ئینجا لەنگەرەکانیان پساند و لە دەریادا بەجێیان هێشتن، لە هەمان کاتدا گوریسی سەوڵەکانی ئاراستەکردنیان شلکرد و بایەوانەکەی پێشەوەیان کردەوە بۆ بایە هەڵکردووەکە، بەرەو کەنارەکە ڕۆیشتن. [٤١]بەڵام کەوتە تەنکاو و کەشتییەکەیان بەرەو وشکانی برد، کە پێشەکەی گیربوو و نەجوڵا، لەبەر توندی شەپۆلەکان پشتەوەی تێکدەشکا.

[٤٢]پلانی سەربازەکان ئەوە بوو کە بەندکراوان بکوژن نەوەك کەسیان مەلە بکات و هەڵبێت. [٤٣]بەڵام سەرپەلەکە دەیویست پۆڵس ڕزگار بکات، پلانەکەی ڕاگرتن، فەرمانی دا ئەوانەی دەتوانن مەلە بکەن با یەکەم جار ئەوان خۆیان فڕێبدەن و بگەنە وشکانی. [٤٤]ئەوانی دیکەش هەندێکیان بە تەختە و هەندێکیان بە پارچەکانی کەشتییەکە. ئیتر هەموو بە سەلامەتی گەیشتنە وشکانی.

## لە دوورگەی ماڵتا

٢٨ کە ڕزگارمان بوو زانیمان ئەو دوورگەیە پێی دەگوترێ ماڵتا. [٢]دانیشتووانەکەی چاکەیەکی لە ڕادەبەدەریان لەگەڵ کردین، چونکە ئاگریان بۆ کردینەوە و پێشوازییان لە هەموومان کرد، لەبەر ئەو باران و سەرمایەی لێیدابووین. [٣]پۆڵس هەندێك چیلکەی کۆکردەوە و خستییە ئاگرەکە، تیرەمارێك لەبەر گەرماییەکە دەرپەڕی و خۆی بە دەستیەوە هەڵواسی. [٤]کاتێك خەڵکەکە تیرەمارەکەیان بینی خۆی بە دەستیەوە هەڵواسی بوو، بە یەکتریان گوت: «بێگومان ئەم کابرایە بکوژە، هەرچەندە لە دەریا ڕزگاری بوو، دادپەروەری نەیهێشت بژیێت.» [٥]بەڵام پۆڵس تیرەمارەکەی ڕاوەشاندە ناو ئاگرەکە و تووشی هیچ زیانێك نەبوو. [٦]ئەوانیش چاوەڕێیان دەکرد بئاوسێت یان لەناکاو بە مردوویی بکەوێت. بەڵام زۆر چاوەڕێیان کرد و بینییان هیچی بەسەرنەهات، ئەوسا بیروڕایان گۆڕی و سەبارەت بە پۆڵس گوتیان: «ئەمە خوداوەندێکە!»

[٧]دەوروبەری ئەو شوێنە زەوی و زاری پیاوگەورەی دوورگەکە بوو کە ناوی پۆبلیۆسە، ئەو پێشوازی لێکردین و سێ ڕۆژ بە خۆشییەوە میوانداری کردین. [٨]وا ڕێککەوت باوکی پۆبلیۆس کەوتبوو، تا و سکچوونی هەبوو. پۆڵس چووە لای و نوێژی کرد، دەستی لەسەر دانا و چاکیکردەوە. [٩]کاتێك ئەمە ڕوویدا، نەخۆشەکانی دیکەی دوورگەکە دەهاتن و چاك دەبوونەوە، [١٠]ئیتر بە زۆر شێوە ڕێزیان گرتین، کە بەڕێکەوتین هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردین.

## لە ماڵتاوە بۆ ڕۆما

١١دواى سێ مانگ بە کەشتییەکی ئەسکەندەری
بەڕێکەوتین، کە زستانی لە دوورگەکە بەسەربرد بوو،
وێنەی دووانەی[a] لەسەر بوو. ١٢کاتێك لە سیراکۆسا
دابەزین سێ ڕۆژان ماینەوە. ١٣ئینجا لەوێ ڕۆیشتین
و گەیشتینە ڕیگیۆم. بۆ بەیانی بای خواروو هەڵیکرد،
لە ڕۆژی دووەم هاتینە پوتیولی. ١٤لەوێ برایانمان
دۆزییەوە، داوایان لێکردین هەفتەیەك بمێنینەوە.
بەم شێوەیە هاتینە ڕۆما. ١٥لەوێوە کە برایان هەواڵی
ئێمەیان بیست، تاکو گۆڕەپانی ئەپیۆس[b] و سێ
خانەکە[c] هاتنە پیشوازیمان. کاتێك پۆڵس بینیانی
سوپاسی خودای کرد و ورەی بەرزبووەوە. ١٦کاتێك
گەیشتینە ڕۆما، ڕێگا بە پۆڵس درا بە تەنها لەگەڵ
ئەو سەربازەی پاسەوانی دەکرد نیشتەجێ بێت.
١٧دواى سێ ڕۆژ پۆڵس پێشەوایانی ڕابەرانی
جولەکەی بانگکرد، کاتێك کۆبوونەوە پێی گوتن:
«برایان، هەرچەندە هیچم لە دژی گەلەکەمان و
نەریتی باوباپیرانمان نەکردووە، لە ئۆرشەلیم گیرام و
درامە دەستی ڕۆمانییەکان. ١٨لێکۆڵینەوەیان لەگەڵم
کرد ویستیان ئازادم بکەن، چونکە هۆیەکیان بۆ
کوشتنم نەدۆزییەوە. ١٩بەڵام جولەکە ناڕازی بوون و
منیش ناچار بووم داواکارییەکەم بدەمە قەیسەر، بۆ
شتێکم نەبوو سکاڵا لە گەلی خۆم بکەم. ٢٠لەبەر ئەوە
داوام کرد بتانبینم و قسەتان لەگەڵ بکەم، چونکە لە
پێناوی هیوای ئیسرائیل ئەم زنجیرەم پێوەیە.»
٢١وەڵامیان دایەوە: «دەربارەی تۆ نامەمان لە
یەهودیاوە وەرنەگرتووە، کەسیش لە برایان نەهاتووە
تاکو دەربارەی تۆ هەواڵمان بداتێ یان بە خراپە
باست بکات. ٢٢بەڵام پێمان خۆشە گوێمان لێت بێت
تۆ چۆنی دەبینیت، چونکە سەبارەت بەم ڕێبازە
دەزانین لە هەموو شوێنێك بەربەرەکانێی دەکرێت.»

٢٣ڕۆژێکیان بۆ دیتنی پۆڵس دیاری کرد و زۆر کەس
هاتنە ماڵەکەی. ئەویش لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە
بۆیانی ڕوون دەکردەوە و شایەتی بۆ پاشایەتی خودا
دەدا، هەوڵی دەدا بە تەوراتی موسا و پەڕتووکی
پێغەمبەران دەربارەی عیسا قەناعەتیان پێ بهێنێت.
٢٤جا هەندێکیان بەو قسانەی قایل بوون، هەندێکیش
باوەڕیان نەکرد. ٢٥ئینجا بە جیاوازی بیروڕاوە ئەوێیان
بەجێهێشت کاتێك پۆڵس دوایین قسەی بۆ کردن:
«ڕۆحی پیرۆز لە ڕێگەی ئیشایا پێغەمبەرەوە ڕاستی
بە باوباپیرانتان فەرمووە:

٢٦«﴿بڕۆ لای ئەم گەلە و پێی بڵێ:
”ئێوە هەمیشە دەبیستن بەڵام هەرگیز تێناگەن،
ئێوە هەمیشە سەیر دەکەن بەڵام هەرگیز
نابینن!“
٢٧چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە و
گوێیان قورس بووە،
چاویان نوقاندووە،
نەوەك بە چاویان ببینن و
بە گوێیان ببیستن و
بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە،
منیش چاکیان بکەمەوە.﴾[d]

٢٨«با لەلاتان زانراو بێت، ڕزگاریی خودا بۆ
نەتەوەکان نێردرا، ئەوانیش گوێ دەگرن.» ٢٩[کاتێك
ئەمەی گوت، جولەکەکان ڕۆیشتن و دەمەقاڵێیەکی
زۆریان هەبوو.]
٣٠پۆڵس دوو ساڵی تەواو لەو ماڵەی بە کرێی
گرتبوو مایەوە، پێشوازی لە هەموو ئەوانە دەکرد
کە دەهاتنە لای، ٣١بەوپەڕی ئاشکرایی و بێ کۆسپ
شانشینی خودای ڕادەگەیاند و سەبارەت بە عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆ خەڵکی فێردەکرد.

---

[a] ١١ یۆنانی: دوو خوداوەندی جمك، بە ناوی کاستۆر و پۆلوکس.

[b] ١٥ یۆنانی: فۆروم ئەپیۆس.

[c] ١٥ شوێنێکە، بە نزیکەی ٤٠کم لە باشووری ڕۆمایە.

[d] ٢٧ ئیشایا ٦:٩، ١٠

# نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما

## کورتە باسێك

پۆڵس جولەکەیەکی فەریسی بوو، ناوی شاول بوو، لە ڕێگەی پەرجووێکەوە بووە قوتابی و نێردراوی مەسیح (بڕوانە کردار ٩:١٣-٢٨). بە سروشی ڕۆحی پیرۆز لە نزیکەی ساڵی (٥٧ ز.) لە شاری کۆرنسۆسەوە نامەیەکی بۆ باوەڕدارانی ڕۆما نووسی. هەرچەندە لەو کاتەدا سەرقاڵی ئەوە بوو بەرەو ئۆرشەلیم بچێت، بەڵام بە نیاز بوو لە داهاتوودا سەردانی ڕۆما بکات و لەوێوە بچێتە ئیسپانیا (١٥:٢٥-٢٨). ویستی لە ڕۆما دەست بە فێرکردنی باوەڕداران بکات و هانیان بدات بۆ چەسپانیان لە باوەڕ (١:١١-١٢). هەروەها بەو هیوایەش بوو کە لەلایەن باوەڕدارانی ڕۆماوە یارمەتی بدرێت تاکو بتوانێت لە گەشتەکەی بۆ ئیسپانیا بەردەوام بێت.

سەرەتا وەك خزمەتکارێکی مزگێنی مەسیح خۆی دەناسێنێت، دواتریش ئەم ئینجیلەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئاشتبوونەوەی خودا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و ڕەچەڵەکە: «ئەم بێتاوانکردنە خوداوەیە لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح، بۆ هەموو ئەوانەیە کە باوەڕ دەهێنن، بەبێ جیاوازی.» (٣:٢٢). هەموو مرۆڤێك گوناهبارە و شیاوی تووڕەیی خودایە و لێخۆشبوونی گوناهەکانیشی بەهۆی قوربانی مەسیحەوەیە، هەروەها پۆڵس مێژووی جولەکە باس دەکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مزگێنی مەسیح تەواوکەری پەیمانی کۆنە (٢:١٦). تەنها بە باوەڕ بێتاوانبوونمان هەیە، چونکە «بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان دەکرێن، بەو کڕینەوەیەی کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هەیە.» (٣:٢٤). بە مردنی مەسیح ئازاد کراین لە تووڕەیی خودا و دەسەڵاتی گوناە و شەریعەت و مردن، تاکو ژیانێکی نوێمان هەبێت بە پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خودا. هەنگاوی کردەیی باوەڕداریش سوپاسگوزاری بێت و ژیان و جەستەی خۆی وەك قوربانییەکی زیندوو پێشکەشی خودا بکات بۆ خزمەتی خودا و مرۆڤایەتی و دڵی پاك بکاتەوە (١٢:١–١٥:١٣). تەنها زانینی ئینجیل بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەنگاوی کردەییشی هەبێت.

١ لە پۆڵسی بەندەی عیسای مەسیح، نێردراوی
بانگکراو و تەرخانکراو بۆ ڕاگەیاندنی
مزگێنی[a] خودا، [٢]ئەوەی کە خودا پێشتر لە نووسراوە
پیرۆزەکاندا لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانەوە بەڵێنی
دابوو، [٣]سەبارەت بە کوڕەکەی کە بە جەستە لە
نەوەی داود بوو، [٤]هەروەها بەگوێرەی ڕۆحی پیرۆز
و بە هێزی هەستانەوەی لەنێو مردووان عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆمان بە کوڕی خودا دیاری
کرا. [٥]لە پێناوی ناوی مەسیح و لە ڕێگەی ئەوەوە،
نیعمەت[b] و نێردراوییێتیمان وەرگرت، تاکو هەموو
نەتەوەکان بانگ بکەین بۆ ئەوەی باوەڕ بە مەسیح
بهێنن و گوێڕایەڵی بن. [٦]ئێوەش لەنێو ئەوانەدان کە
خودا بانگی کردن بۆ ئەوەی هی عیسای مەسیح بن.

[٧]بۆ هەموو ئەوانەی خۆشەویستی خودان و لە
ڕۆما دەژین، بانگکراون بۆ ئەوەی پیرۆز بن:
با نیعمەت و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

### ئارەزووی دیدەنی ڕۆما

[٨]سەرەتا، لە پێناوی هەمووتان بەهۆی عیسای
مەسیحەوە سوپاسی خودام دەکەم، چونکە باوەڕتان
لە هەموو جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە. [٩]خودا، ئەوەی بە
ڕۆحم خزمەتی دەکەم لە جاڕدانی مزگێنی کوڕەکەیدا،
شایەتی منە کە چۆن بێ بڕانەوە یادتان دەکەم و
[١٠]بەردەوام لە نوێژەکانم دەپاڕێمەوە کە هیچ نەبێت
ئێستا بە خواستی خودا بۆم ڕێک بکەوێت بێمە لاتان.

---

[a] ١ یۆنانی: ئینجیل.

[b] ٥ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

١١تامەزرۆی بینینی ئێوەم تاکو بۆ جێگیربوونتان
بەهرەی ڕۆحیتان بدەمێ، ١٢هەموومان پێکەوە
یەکتری هانبدەین، ئێوە بە باوەڕی من و منیش
بە باوەڕی ئێوە. ١٣ئەی خوشك و برایان، نامەوێ
لەلاتان شاراوە بێت، زۆر جار بەتەمابووم بێمە
لاتان، تاکو لەنێو ئێوەشدا بەرهەمم هەبێت، وەك
لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا، بەڵام هەتا ئێستا ڕێم لێ
گیرابوو.
١٤من قەرزاری یۆنانی و بەربەریم[a]، دانا و نەزان.
١٥بۆیە بە پەرۆشم مزگێنی بدەمە ئێوەی دانیشتووانی
ڕۆما.

## مژدە توانای خودایە

١٦شەرمم بە پەیامی ئینجیل[b] نییە، لەبەر ئەوەی
هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ
دەهێنن، یەکەم جار بۆ جولەکە ئینجا بۆ ناجولەکە.
١٧لە پەیامی ئینجیلدا بێتاوانکردن[c] لە خوداوە ئاشکرا
دەکرێت، ئەم بێتاوانکردنەش لە دەستپێکردنەوە
هەتا کۆتایی بە باوەڕە[d]، وەك نووسراوە: «ئەوەی
ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژیێت.[e]»[f]

## تووڕەیی خودا بۆ هەمووانە

١٨لە ئاسمانەوە تووڕەیی خودا لە دژی هەموو
خوانەناسی و خراپەکارییەکی خەڵك دەردەکەوێت،
ئەوانەی بە خراپەکانیان ڕاستی دادەپۆشن،
١٩لەبەر ئەوەی زانینی خودا تێیاندا دیارە، لەبەر
ئەوەی خودا بۆی دەرخستوون. ٢٠لەبەر ئەوەی
سیفەتە نەبینراوەکانی خودا، توانا هەتاهەتایی و
خودایەتییەکەی[g]، لە بەدیهێنانی جیهانەوە بەهۆی
دروستکراوان درکیان پێ کراوە و بە ڕوونی بینراون،
بۆیە بێ بیانوون.
٢١لەگەڵ ئەوەی کە خودایان ناسی، بەڵام وەك
خودا ستایشیان نەکرد و سوپاسیان نەکرد، بەڵکو لە
بیرکردنەوەیان پووچەڵ بوون و دڵە گێلەکانیان تاریك
بوو. ٢٢هەرچەندە بە وتەی خۆیان دانان، بوونە
گێل، ٢٣شکۆی خودای نەمریان گۆڕییەوە بە شێوەی
پەیکەری مرۆڤی لەناوچوو و باڵندە و چوارپێ و
خشۆك.
٢٤هەر لەبەر ئەوە خودا بە هەوەسی دڵیان
ئەوانی دایە دەست گڵاوی، تاکو لەناو خۆیاندا
سووکایەتی بە لەشی خۆیانەوە بکەن. ٢٥ئەوانەی
ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بەدیهێنراویان
پەرست و خزمەتیان کرد لە جیاتی بەدیهێنەر، ئەوەی
هەتاهەتایە ستایش بۆ ئەوە. ئامین.
٢٦لەبەر ئەوە خودا ئەوانی دایە دەست هەوەسە
ئابڕووبەرەکانیان، چونکە ژنەکانیان جووتبوونی
سروشتییان بە ناسروشتی گۆڕییەوە. ٢٧پیاوانیش
وازیان لە جووتبوونی سروشتی ژنانیان هێنا و
گڕیان گرت لە هەوەس بۆ یەکتری. پیاو لەگەڵ پیاو
بەدڕەوشتی دەکرد، جا سزای تەواوی خراپبوونیان لە
خۆیاندا وەرگرت.
٢٨سەرەڕای ئەوەش، نەیاندەویست لە ناسینی
خودا بەردەوام بن، خوداش ئەوانی دایە دەست
مێشکی گەندەڵیان، تاکو ئەوە بکەن کە ناشێت.
٢٩پڕبوون لە هەموو ناڕەوایی و خراپە و چاوچنۆکی
و بەدکارییەك. پڕن لە ئیرەیی و کوشتن و دژایەتی و
فێڵبازی و زیانبەخشی. غەیبەتکارن، ٣٠بوختانکەرن،
ڕقیان لە خودایە، شەڕفرۆشن، لووتبەرزن،
خۆهەڵکێشن، داهێنەری خراپەن، گوێڕایەڵی دایك و
باوك نین، ٣١بێ مێشکن و دڵسۆز نین، بێ هەست

[a] ١٤ بەربەری: ئەو کەسانەی کە بە زمانی یۆنانی قسە ناکەن، بە کەسانی ناڕۆشنبیر هەژماردکراون.
[b] ١٦ ئینجیل: وشەیەکی یۆنانییە بە واتای ڕاگەیاندنی مژدەی هاتنی پاشایە.
[c] ١٧ یۆنانی: ڕاستودروستی خودا، بە واتای چۆن خودا مرۆڤی گوناهبار بێتاوان دەکات و بە مرۆڤی ڕاستودروستی هەژمارد دەکات، بڕوانە ڕۆما ٣:٢١-٢٦ و ڕۆما ١٠:٣ و فیلیپی ٣:٩.
[d] ١٧ یۆنانی: لە باوەڕ بۆ باوەڕ.
[e] ١٧ مەبەست لەوەیە ئەوەی کە لە گوناه بێتاوان کرا ژیانی هەتاهەتایی بە باوەڕ وەردەگرێت.
[f] ١٧ حەبەقوق ٢:٤.

[g] ٢٠ خودایەتییەکەی: واتە سروشتی خودایی و ئەو تایبەتمەندییانەی کە تەنها لە خودادا هەن.

و بێ بەزەیین. ٣٢لەگەڵ ئەوەی دەزانن حوکمی
دادپەروەرانەی خودا بۆ ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە
کارانە مردنە، بەڵام نەك تەنها خۆیان ئەو کارانە
دەکەن، بەڵکو ئەو کەسانەش پەسەند دەکەن کە
دەیکەن.

## حوکمی دادپەروەرانەی خودا

٢ کەواتە ئەی مرۆڤ، هیچ بیانوویەکت نییە
کە حوکمی کەسێکی دیکە دەدەیت، چونکە
بەوەی خەڵکی پێ حوکم دەدەیت، خۆت تاوانبار
دەکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ کە حوکم دەدەیت،
خۆشت هەمان شت دەکەیت. ٢بەڵام دەزانین
حوکمی خودا ڕاستە بەسەر ئەوانەی ئەم شتانە
دەکەن. ٣کەواتە ئەی ئەو مرۆڤەی ئەوانە حوکم
دەدەیت کە ئەم شتانە دەکەن و خۆشت هەمان
شت دەکەیت، وا دەزانیت لە حوکمی خودا دەرباز
دەبیت؟ ٤یان گاڵتەت بە دەوڵەمەندی نەرمونیانی
و ئارامی و پشوودرێژییەکەی دێت؟ نازانیت
نەرمونیانی خودا بەرەو تۆبەکردنت دەبات؟
٥بەڵام تۆ لەبەر کەللەڕەقی و دڵی تۆبە نەکردووت،
لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی
دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی لەسەر خۆت کۆ
دەکەیتەوە. ٦خودا ﴿پاداشتی هەر یەکێك بەگوێرەی
کردارەکانی دەداتەوە.﴾[a] ٧ژیانی هەتاهەتاییش بۆ
ئەوانەیە کە بە دانبەخۆداگرتنەوە لە کاری چاکەدا
داوای شکۆ و ڕێز و نەمری دەکەن. ٨بەڵام ڕق و
تووڕەیی بۆ ئەوانەیە کە داوای خۆپەرستی دەکەن
و ملکەچی ڕاستی نابن، بۆ ناڕەوایی ملکەچ دەبن.
٩ناخۆشی و تەنگانە بۆ هەر مرۆڤێکە کە خراپە
دەکات، یەکەم جار بۆ جولەکە ئینجا بۆ ناجولەکە.
١٠شکۆ و ڕێز و ئاشتی بۆ هەموو چاکەکارێکە، یەکەم
جار بۆ جولەکە ئینجا بۆ ناجولەکە، ١١چونکە خودا
لایەنگری ناکات.
١٢هەموو ئەوانەی کە شەریعەتیان نییە و گوناه
دەکەن، بێ شەریعەت لەناودەچن، هەموو ئەوانەش
کە لەژێر دەسەڵاتی شەریعەتدا گوناه دەکەن، بە
شەریعەت حوکم دەدرێن، ١٣چونکە ئەوانە لەلای
خودا بێتاوان نین کە شەریعەت دەبیستن، بەڵکو
ئەوانە بێتاوان دەکرێن کە کار بە شەریعەت دەکەن.
١٤بێگومان ئەو نەتەوانەی شەریعەتیان نییە، کاتێك
بە سروشت شەریعەتیان پەیڕەو کرد، ئەوانە بۆ
خۆیان شەریعەتن، لەگەڵ ئەوەی شەریعەتیان نییە.
١٥ئەوانە بەڵگەی وا نیشان دەدەن کە فەرزەکانی
تەورات لە دڵیاندا نووسراوە، ویژدانیان لەناویاندا
شایەتی دەدات، جار هەیە بیریان تاوانباریان دەکات
و جاریش هەیە بەرگرییان لێ دەکات، ١٦لەو ڕۆژەدا
کاتێك خودا نهێنییەکانی خەڵك لە ڕێگەی عیسای
مەسیحەوە حوکم دەدات، بەپێی ئەو مزگێنییەی[b] کە
من ڕایدەگەیەنم.

## جولەکە و تەورات

١٧بەڵام تۆ، ئەگەر بە جولەکە ناو دەبردرێیت و
پشت بە شەریعەتی تەورات دەبەستیت و شانازی
بە خوداوە دەکەیت؛ ١٨ئەگەر خواستی ئەو دەزانیت،
چی باشترینە پەسەندی دەکەیت، چونکە لە تەورات
فێربوویت؛ ١٩ئەگەر لە خۆت دڵنیایت کە ڕێبەری
کوێرەکانیت و ڕووناکییت بۆ ئەوانەی لە تاریکیدان،
٢٠فێرکاری نەزانان و مامۆستای منداڵانی، چونکە لە
تەوراتدا وێنەی زانین و ڕاستیت هەیە، ٢١جا تۆ کە
خەڵکی دیکە فێر دەکەیت، ئایا خۆت فێر ناکەیت؟
تۆ کە ڕایدەگەیەنێت کە کەس دزی نەکات، ئایا
خۆت دزی ناکەیت؟ ٢٢تۆ کە دەڵێی داوێنپیسی
نەکرێت، ئایا خۆت داوێنپیسی ناکەیت؟ تۆ کە ڕقت
لە بت دەبێتەوە، ئایا پەرستگاکان تاڵان ناکەیت؟
٢٣کە شانازی بە شەریعەتی تەوراتەوە دەکەیت،
ئایا بە سەرپێچیکردنی شەریعەت سووکایەتی بە
خودا ناکەیت؟ ٢٤وەك نووسراوە: ﴿لەبەر ئێوە لەناو
نەتەوەکاندا کفر بە ناوی خودا دەکرێت.﴾[c]
٢٥خەتەنەکردن سوودی دەبێت ئەگەر شەریعەت

[a] ٦ زەبوورەکان ١٢:٦٢، هەروەها پەندەکان ١٢:٢٤

[b] ١٦ یۆنانی: ئینجیلەکەم.

[c] ٢٤ ئیشایا ٥:٥٢ و حزقیێل ٢٢:٣٦.

پەیڕەو بکەیت، بەڵام ئەگەر سەرپێچی شەریعەت
بکەیت، ئەوا وەکو ئەوەیە کە هەر خەتەنە
نەکرابێت. ٢٦بۆیە ئەگەر خەتەنە نەکراو کار بە
داواکارییە دروستەکانی شەریعەت بکات، ئایا
خەتەنە نەکردنەکەی بە خەتەنەکردن دانانرێت؟
٢٧ئیتر ئەوەی بە سروشت خەتەنە نەکراوە، بەڵام
شەریعەت جێبەجێ دەکات، حوکم بەسەر تۆدا
دەدات کە شەریعەتی نووسراو و خەتەنەکردنت
هەیە، هەرچەندە تۆ سەرپێچی شەریعەت دەکەیت.
٢٨ئەگەر کەسێك تەنها بە ڕواڵەت جولەکە بێت،
ئەوا لە ڕاستیدا جولەکە نییە، هەروەها ئەگەر
خەتەنەکردن تەنها جەستەیی بێت، ئەوا لە ڕاستیدا
خەتەنەکردن نییە. ٢٩بەڵام ئەوەی لە ناخەوە جولەکە
بێت، ئەوا لە ڕاستیدا جولەکەیە، هەروەها ئەگەر
خەتەنەکردن تەنها بەگوێرەی شەریعەتی نووسراو
ئەنجام بدرێت، ئەوا خەتەنەکردن نییە، بەڵکو
خەتەنەکردنی دڵی کە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوەیە،
خەتەنەکردنی ڕاستەقینەیە. ئەوەی ستایشی لەلای
خەڵك نییە، بەڵکو لەلای خودایە.

## دڵسۆزی خودا

٣ کەواتە، جولەکان چییان لە نەتەوەکانی
دیکە زیاترە؟ یان سوودی خەتەنەکردن چییە؟
٢زۆر شتیان لە نەتەوەکانی دیکە زیاترە! پێش هەموو
شتێك، وشەکانی خودایان پێ سپێردرا.
٣کەواتە چی دەبێت ئەگەر هاتوو هەندێکیان
بێباوەڕ بوون؟ ئایا دڵسۆز نەبوونیان دڵسۆزی خودا
پووچەڵ دەکاتەوە؟ ٤نەخێر! بەڵکو با خودا ڕاستگۆ
بێت و هەموو مرۆڤ درۆزن. وەك نووسراوە:

﴿تاکو لە قسەکانت ڕاست بیت و
سەرکەوتوو بیت لە حوکمەکانت.﴾[a]

٥بەڵام ئەگەر ناڕەواییمان ڕەوایی خودا دەردەخات،
چی بڵێین؟ ئایا خودا ناڕەوایە کە تووڕەیی دەهێنێت؟
(وەك مرۆڤ قسە دەکەم.) ٦نەخێر! ئەگینا چۆن خودا
جیهان حوکم دەدات؟ ٧لەوانەیە یەکێك بڵێ: «ئەگەر
درۆی من ڕاستی خودا بۆ شکۆی ئەو زیاتر بکات،
بۆچی من هێشتا وەك گوناهبارێك تاوانبار دەکرێم؟»
٨وەك هەندێك بوختان بە دەممانەوە هەڵدەبەستن،
دەڵێن: «با خراپە بکەین تاکو چاکەی بەدواوە بێت.»
ئەوانە تاوانبارکردنیان دادپەروەرانەیە.

## هیچ مرۆڤێك بێ گوناە نییە

٩کەواتە چی بڵێین؟ ئایا ئێمەی جولەکە لە
خەڵکانی تر باشترین؟ نەخێر، چونکە ئێمە جولەکە
و ناجولەکەمان تۆمەتبار کرد کە هەردووکیان لەژێر
دەسەڵاتی گوناهن، ١٠وەك نووسراوە:

﴿کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەك کەسیش،
١١ کەس نییە تێبگات،
کەس نییە بەدوای خودا بگەڕێت.
١٢ هەموو ڕوویان وەرگێڕا و
تێکڕا بێ سوود بوون.
کەس نییە چاکە بکات،
تەنانەت یەکێکیش نییە.﴾[b]
١٣ ﴿قوڕگیان گۆڕێکی کراوەیە،
بە زمانیان فێڵبازی دەکەن.﴾[c]
﴿ژەهری تیرەمار لەژێر لێویانە.﴾[d]
١٤ ﴿دەمیان پڕە لە نەفرەت و تاڵاو.﴾[e]
١٥ ﴿پێیان خێرایە بۆ خوێنڕشتن،
١٦ وێرانی و دەردەسەری لەسەر ڕێگایانە
١٧ ڕێگای ئاشتی پێنازانن.﴾[f]
١٨ ﴿ترسی خودایان لەبەرچاو نییە.﴾[g]

١٩ئێستا دەزانین هەرچی شەریعەت دەیڵێت،
بەوانەی دەڵێت کە لەژێر سایەی شەریعەتدان، تاکو
هەموو دەمێك دابخرێت و هەموو جیهان بکەوێتە

[a] ٤ زەبوورەکان ٤:٥١.

[b] ١٢ زەبوورەکان ١:١٤-٣ و زەبوورەکان ١:٥٣-٣.
[c] ١٣ زەبوورەکان ٩:٥.
[d] ١٣ زەبوورەکان ٣:١٤٠.
[e] ١٤ زەبوورەکان ٧:١٠.
[f] ١٧ ئیشایا ٧:٥٩-٨.
[g] ١٨ زەبوورەکان ١:٣٦.

ژێر لێپرسینەوەی خودا. [٢٠]بە کرداری شەریعەت
کەس لەلای خودا بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناه لە
ڕێگەی شەریعەتەوە[a] دەناسرێت.

## بێتاوانکردن بە باوەڕ

[٢١]بەڵام ئێستا بەبێ شەریعەت بێتاوانکردن
لەلایەن خوداوە ئاشکرا کرا، تەورات و پێغەمبەرانیش
شایەتی بۆ دەدەن. [٢٢]ئەم بێتاوانکردنە لە خوداوەیە
لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح، بۆ هەموو
ئەوانەیە کە باوەڕ دەهێنن، بەبێ جیاوازی، [٢٣]لەبەر
ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا
کەوتن و [٢٤]بەخۆڕایی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان
کران، بەو کڕینەوەیەی[b] کە لە ڕێگەی عیسای
مەسیحەوە هەیە. [٢٥]خودا مەسیحی وەك کەفارەت[c]
پێشکەشی کرد، ئەگەر باوەڕ بە خوێنی ئەو بهێنین.
ئەمەی بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەکەی خۆی
کرد، بۆ چاوپۆشی کردن لە گوناهەکانی ڕابردوو،
بە پشوودرێژیی خودا، [٢٦]هەروەها بۆ دەرخستنی
دادپەروەرییەکەی لە کاتی ئێستادا، تاکو دادپەروەر
بێت و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسایە.
[٢٧]بۆیە لەخۆبایبوون لەکوێیە؟ نەماوە. بەپێی چ
بنەمایەك؟ ئایا بەپێی بنەمای کردار؟ نەخێر، بەڵکو
بەپێی بنەمای باوەڕ. [٢٨]کەواتە بۆمان دەردەکەوێت
کە مرۆڤ بە باوەڕ بێتاوان دەکرێت، نەك بە
جێبەجێ کردنی فەرزەکانی شەریعەت. [٢٩]ئایا
خودا تەنها هی جولەکەیە؟ ئەی هی نەتەوەکانی
دیکەش نییە؟ بەڵێ، هی نەتەوەکانی دیکەشە،
[٣٠]چونکە تەنها یەك خودا هەیە کە خەتەنەکراو بە
باوەڕ بێتاوان دەکات و خەتەنە نەکراویش بەهۆی
هەمان باوەڕەوە بێتاوان دەکات. [٣١]ئایا شەریعەت
بەهۆی باوەڕەوە پووچەڵ دەکەینەوە؟ نەخێر، بەڵکو
شەریعەت[d] دەچەسپێنین.

[a] ٢٠ مەبەست لە شەریعەتی موسایە کە تەوراتە.
[b] ٢٤ کڕینەوەی مرۆڤ لە کۆیلایەتی گوناه بە خوێنی عیسا.
[c] ٢٥ ئەو قوربانییەی کە تووڕەیی خودا لادەدات.
[d] ٣١ شەریعەتی موسا.

## نموونەی ئیبراهیم

[٤] ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی
جەستە چی دۆزییەوە؟ [٢]ئەگەر ئیبراهیم
بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەك
لەلای خودا. [٣]ئایا لەو بارەیەوە نووسراوە پیرۆزەکە
چی دەفەرموێ؟ ﴿ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا،
ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.﴾[e]
[٤]ئەوەی کار دەکات، کرێیەکەی مافی خۆیەتی
و بەخشینێکی ناشایستە نییە. [٥]بەڵام ئەوەی کار
ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە خودا گوناهبار
بێتاوان دەکات، ئەوا باوەڕەکەی بە ڕاستودروستی بۆ
دادەنرێت. [٦]وەك داود دەڵێت، لە خۆزگەخواستن
بەو مرۆڤەی کە خودا بێ کردار ڕاستودروستی بۆ
دادەنێت:

[٧]﴿خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی لە
یاخیبوونەکانیان بەخشراون،
گوناهەکانیان داپۆشراون.
[٨]خۆزگە دەخوازرێت بەو کەسەی کە یەزدان
گوناهی لەسەر ناژمێرێت.﴾[f]

[٩]ئایا ئەم خۆزگەخواستنە تەنها بۆ خەتەنەکراوانە
یان بۆ خەتەنە نەکراوانیشە؟ چونکە دەڵێین، باوەڕ
بۆ ئیبراهیم بە ڕاستودروستی دانرا. [١٠]کەواتە چۆن
دانرا؟ بە خەتەنەکردن یان بێ خەتەنەکردن؟ بە
خەتەنەکردن نا بەڵکو بێ خەتەنەکردن! [١١]ئیتر
ئیبراهیم نیشانەی خەتەنەکردنی وەرگرت، لە ڕێگەی
باوەڕەوە بێ خەتەنەکردن مۆری ڕاستودروستی
وەرگرت، تاکو ببێتە باوکی هەموو ئەوانەی
باوەڕ دەهێنن و خەتەنە نەکراون، تاکو بۆیان بە
ڕاستودروستی دابنرێت. [١٢]هەروەها باوکی ئەوانەی
کە نەك تەنها خەتەنە کراون، بەڵکو کەوتوونەتە
شوێن ئەو باوەڕەی کە ئیبراهیمی باوکمان هەیبوو
پێش ئەوەی خەتەنە بکرێت.
[١٣]جا ئەو بەڵێنەی بە ئیبراهیم یان بە

[e] ٣ پەیدابوون ١٥:٦.
[f] ٨ زەبوورەکان ٣٢:١-٢.

نەوەکەی درابوو تاکو ببێتە میراتگری جیهان،
بەهۆی شەریعەتەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو
ڕاستودروستییەی کە بە ڕێگای باوەڕەوە[a] بوو،
[١٤]چونکە ئەگەر ئەوانەی کە پشت بە تەورات
دەبەستن میراتگر بن، ئەوا باوەڕ بێ سوود دەبێت و
بەڵێنی خوداش پووچەڵ، [١٥]چونکە تەورات تووڕەیی
لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر تەورات نەبێت، سەرپێچیش
نییە.

[١٦]بۆیە بەڵێن لە باوەڕەوەیە، تاکو بەگوێرەی
نیعمەت بێت و بۆ هەموو نەوەکانی ئیبراهیم
مسۆگەر بێت، نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە پشت بە
تەورات دەبەستن، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕی
ئیبراهیمیان هەیە. ئەو باوکی هەموومانە، [١٧]وەکو
نووسراوە: ﴿من تۆم کرد بە باوکی چەندین
نەتەوە.﴾[b] ئیبراهیم باوکمانە لەبەرچاوی خودا کە
باوەڕی پێ هێنا، ئەوەی مردوو زیندوو دەکاتەوە و
ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون.

[١٨]هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی
هێنا کە دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بەگوێرەی
ئەوەی گوترابوو: ﴿نەوەکەت بەم شێوەیە دەبێت.﴾[c]
[١٩]باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە،
چونکە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها
سارای ژنیشی لە سکوزا چووبووەوە. [٢٠]بە بێباوەڕی
گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو باوەڕی بەهێز
بوو و خودای شکۆدار کرد، [٢١]دڵنیابوو کە خودا
توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر. [٢٢]لەبەر ئەمە
﴿بە ڕاستودروستی بۆی دانرا.﴾[d] [٢٣]ئەوەی نووسراوە:
﴿بۆی دانرا﴾ تەنها لە پێناوی ئەودا نەبوو، [٢٤]بەڵکو
لە پێناوی ئێمەشدا بوو، جا بۆمان بە ڕاستودروستی
دادەنرێت، کە باوەڕمان هەیە بەوەی عیسای
گەورەمانی لەنێو مردووان هەستاندەوە. [٢٥]ئەوەی

[a] ١٣ مەبەستی ئەم ڕاستودروستییەی کە لەسەر بناغەی باوەڕ دراوە.

[b] ١٧ پەیدابوون ٥:١٧

[c] ١٨ پەیدابوون ٥:١٥.

[d] ٢٢ پەیدابوون ٦:١٥

لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی
بێتاوانکردنمان هەستێنرایەوە.

## ڕزگاربوون لە تووڕەیی خودا

٥ کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین،
لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە
لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە، [٢]لە ڕێگەی ئەویشەوە
ڕێپێدراوییتیمان[e] وەرگرت بەهۆی باوەڕ بێینە ناو ئەم
نیعمەتەی کە ئێستا تێیدا نیشتەجێین. شانازیش بە
هیوای شکۆی خودا دەکەین. [٣]تەنها ئەمە نا، بەڵکو
لە تەنگانەشدا شانازی دەکەین، دەزانین تەنگانە
دانبەخۆداگرتن دروستدەکات، [٤]دانبەخۆداگرتنیش
ئەزموون، ئەزموونیش هیوا، [٥]هیواش نابێتە هۆی
شەرمەزاری، چونکە خۆشەویستی خودا[f] ڕژاوەتە ناو
دڵمان، بە ڕۆحی پیرۆز کە پێمان دراوە.

[٦]کاتێك هێشتا لاواز بووین، مەسیح لە کاتی
دیاریکراودا لە پێناو گوناهباران مرد. [٧]لەبەر ئەوەی بە
دەگمەن کەسێك لە پێناوی مرۆڤێکی ڕاستودروست
دەمرێت، لەوانەیە لە پێناوی مرۆڤێکی باش کەسێك
بوێرێت بمرێت. [٨]بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ
دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد،
کاتێك هێشتا گوناهبار بووین.

[٩]ئێستاش کە بە خوێنی ئەو بێتاوان کراوین،
لە ڕێگەی ئەوەوە چەندە زیاتر لە تووڕەیی خودا
ڕزگار دەبین![g] [١٠]چونکە ئەگەر کاتێك دوژمن بووین
لەگەڵ خودا، بە مردنی کوڕەکەی ئاشت بووینەوە،
ئەی دوای ئەوەی کە ئاشت بووینەوە چەند زیاتر
بە ژیانی ئەو ڕزگار دەبین! [١١]نەك تەنها ئەمە،
بەڵکو بەهۆی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە
شانازی بە خودا دەکەین، ئەوەی ئێستا بەهۆیەوە
ئاشتبوونەوەمان وەرگرتووە.

[e] ٢ بڕوانە ئەفەسۆس ١٨:٢.

[f] ٥ خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە.

[g] ٩ لە تووڕەیی داهاتوو.

## ئادەم و مەسیح

١٢لەبەر ئەمە، چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناه
هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن، بەم
شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی
هەموو گوناهیان کرد.
١٣بێگومان، پێش هاتنی تەورات گوناه لە جیهاندا
بوو، بەڵام کە تەورات نەبێت گوناه ناژمێردرێت.
١٤کەچی مردن لە ئادەمەوە هەتا موسا حوکمڕانی
دەکرد، تەنانەت بەسەر ئەوانەشەوە کە لە شێوەی
یاخیبوونەکەی ئادەم گوناهیان نەکردبوو، کە
نموونەی ئەو کەسەیە کە دێت[a].
١٥بەڵام دیاری وەکو گوناه نییە. ئەگەر زۆر کەس
بە گوناهی کەسێك مردن، جا چەند زیاتر نیعمەتی
خودا و دیارییەکە بەهۆی نیعمەتی مرۆڤێکەوە کە
عیسای مەسیحە، بەسەر زۆر کەس ڕژا. ١٦هەروەها
ئەو دیارییە وەك ئەنجامی گوناهی مرۆڤێك نییە:
چونکە حوکمدان لە یەك گوناهەوە تاوانبارکردنی
هێنایە کایەوە، بەڵام دیاری لە گوناهی زۆرەوە
بێتاوانیی هێنایە کایەوە. ١٧ئەگەر بە گوناهی کەسێك،
مردن لە ڕێگەی ئەو کەسەوە حوکمڕانی کرد،
ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕیی نیعمەت و دیاری
ڕاستودروستی[b] وەردەگرن، لە ژیاندا حوکمڕانی
دەکەن بە کەسێك کە عیسای مەسیحە.
١٨کەواتە وەك چۆن بە یەك گوناه تاوانبارکردن
بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە
کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە
ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. ١٩لەبەر ئەوەی
وەك چۆن بە یاخیبوونی کەسێك زۆر کەس گوناهبار
کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵی کەسێك زۆر
کەس بێتاوان دەکرێن.
٢٠تەورات هات تاکو گوناه زۆر بێت. بەڵام
لەکوێ گوناه زۆر بوو، نیعمەت زۆر زیاتر بوو،
٢١تاکو چۆن گوناه بە مردن حوکمڕانی کرد، ئاواش بە
ڕاستودروستی نیعمەت حوکمڕانی دەکات بۆ ژیانی
هەتاهەتایی بە عیسای مەسیحی گەورەمان.

## ئازادبوون لە گوناه

٦ باشە چی بڵێین؟ ئایا لە گوناه بەردەوام بین
تاکو نیعمەت زیاد بێت؟ ٢نەخێر! ئێمە کە
سەبارەت بە گوناه مردین، ئیتر چۆن تێیدا بژین؟
٣ئایا نازانن ئێمە هەموومان کە بە لەئاوهەڵکێشان
لەگەڵ عیسای مەسیح یەکمانگرتووە، هەروەها
لە مردنەکەشیدا یەکمانگرتووە؟ ٤بۆیە بە
لەئاوهەڵکێشان لەگەڵ ئەو بۆ مردن نێژراین، تاکو
چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەوە
هەستایەوە، ئێمەش لە نوێیەتی ژیاندا بژین.
٥ئەگەر لە شێوەی مردنەکەی لەگەڵیدا
یەکمانگرتبێت، لە هەستانەوەکەشی ئاوا دەبین.
٦ئێمە دەزانین کە مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ ئەو
لە خاچ درا، بۆ ئەوەی ئەو جەستەیەی کە لەژێر
ڕکێفی گوناه بوو بتوانرێت بەلاوە بنرێت، هەتا چیتر
کۆیلەی گوناه نەبین. ٧ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد
کراوە.
٨بەڵام ئەگەر لەگەڵ مەسیحدا مردووین، باوەڕمان
هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین، ٩دەزانین مەسیح کە
لەنێو مردوواندا هەستێنرایەوە، نامرێتەوە. ئیتر مردن
دەسەڵاتی بەسەریدا نییە. ١٠ئەو مردنەی مرد، تەنها
جارێك لەبەر گوناه مرد. بەڵام ئەو ژیانەی دەژیێت
بۆ خودا دەژیێت.
١١ئێوەش سەبارەت بە گوناه خۆتان بە مردوو
دابنێن، بەڵام بۆ خودا زیندوو لە یەکبوونتان
لەگەڵ عیسای مەسیحدا. ١٢کەواتە مەهێڵن گوناه
حوکمڕانی لەشی لەناوچووتان بکات، تاکو گوێڕایەڵی
ئارەزووەکانی بن. ١٣ئەندامانتان وەك ئامێری
ناڕەوایی بۆ گوناه پێشکەش مەکەن، بەڵکو خۆتان
پێشکەشی خودا بکەن، وەك زیندووی نێو مردووان
و ئەندامانتان وەك ئامێری ڕاستودروستی بۆ خودا.
١٤چیتر گوناه دەسەڵاتی بەسەرتاندا نابێت، چونکە

[a] ١٤ مەبەستی لە مەسیحە.
[b] ١٧ مەبەست لە بێتاوانی و ژیانی عیسای مەسیحە.

لەژێر سایەی تەوراتدا نین، بەڵکو لەژێر سایەی نیعمەتدان.

## کۆیلەکانی چاکە

[15]کەواتە چی؟ ئایا گوناه بکەین چونکە لەژێر سایەی تەوراتدا نین بەڵکو لەژێر سایەی نیعمەتداین؟ نەخێر! [16]ئایا نازانن کاتێك خۆتان وەك کۆیلە ملکەچی کەسێك دەکەن، دەبنە کۆیلەی ئەوەی ملکەچن بۆی، جا بۆ گوناه کە بەرەو مردنە یان بۆ گوێڕایەڵی کە بەرەو ڕاستودروستییە؟ [17]بەڵام سوپاس بۆ خودا لەگەڵ ئەوەی کۆیلەی گوناه بوون، لە دڵەوە ملکەچی ئەو شێوە فێرکردنە بوون کە پێتان سپێردرا. [18]ئێوە لە گوناه ئازاد کران و بوونە بەندەی ڕاستودروستی.

[19]لەبەر لاوازی جەستەتان وەك مرۆڤێکی سادە دەدوێم. ئیتر چۆن لەپێشدا ئەندامانی لەشتان وەك کۆیلەی گڵاوی و خراپە بۆ خراپە پێشکەش کرد، ئێستاش ئەندامانتان وەك بەندەی ڕاستودروستی بۆ پیرۆزی پێشکەش بکەن، [20]چونکە کاتێك کۆیلەی گوناه بوون، سەبارەت بە ڕاستودروستی ئازاد بوون. [21]ئەو کاتە چ بەرهەمێکتان هەبوو لەو شتانەی ئێستا لە بەرامبەریان هەست بە تەریق بوونەوە دەکەن؟ چونکە دەرئەنجامی ئەو شتانە مردنە. [22]بەڵام ئێستا کە لە گوناه ئازاد کراون و بوونە بەندەی خودا، بەرهەمتان بۆ پیرۆزی هەیە و دەرئەنجامەکەی ژیانی هەتاهەتاییە، [23]چونکە کرێی گوناه مردنە، بەڵام دیاری خودا ژیانی هەتاهەتاییە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوەیە.

## ئازادبوون لە تەورات

7 ئەی خوشك و برایان، بۆ ئێوە دەدوێم کە لە تەورات دەزانن، ئایا ئێوە نازانن تەورات دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤدا هەیە هەتا ئەو کاتەی زیندووە؟ [2]بۆ نموونە، ژن بەپێی تەورات بە مێردە زیندووەکەیەوە بەستراوەتەوە، بەڵام کە مێردەکە مرد، ئەوا لەو تەوراتە ئازاد دەبێت کە بە مێردەکەیەوە بەستبوویەوە. [3]کەواتە تاکو مێردەکە زیندوو بێت، ژنەکە بە داوێنپیس ناودەبردرێت ئەگەر بووە هی پیاوێکی دیکە. بەڵام ئەگەر مێردەکە بمرێت، ئەوسا لە دەسەڵاتی تەورات ئازادە و داوێنپیس نییە ئەگەر بووە هی پیاوێکی دیکە.

[4]ئیتر براکانم، ئێوەش بە لەشی مەسیح سەبارەت بە تەورات مردن، تاکو ببنە هی یەکێکی دیکە، بۆ ئەو کەسەی لەناو مردووان هەستێنرایەوە، تاکو بۆ خودا بەرهەم بدەین، [5]چونکە کاتێك لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایی دەژیاین، ئارەزووەکانی گوناه بەهۆی تەوراتەوە لە ئەندامەکانی لەشماندا کاری دەکرد، تاکو ئەو کارانەی دەکەین ببێتە هۆی مردن. [6]بەڵام ئێستا ئازاد بووین لە شەریعەتی تەورات، مردین سەبارەت بەوەی ئێمەی بەستبووەوە، تاکو بە ڕێگای نوێی ڕۆحی پیرۆز خزمەت بکەین، نەك بە ڕێگای کۆنی شەریعەتی نووسراو.

## تەورات پیرۆزە

[7]کەواتە چی بڵێین؟ ئایا تەورات خۆی سەرچاوەی گوناهە؟ حاشا! بەڵام لە ڕێگەی تەوراتەوە نەبێت گوناهم نەدەناسی. هەروەها واتای تەواوی چاوچنۆکیم نەدەزانی ئەگەر تەورات نەیگوتایە ﴿چاو مەبڕە هیچ شتێك کە هی کەسێکی دیکە بێت.﴾[a] [8]بەڵام گوناه ئەم ڕاسپاردەیەی قۆستەوە و هەموو چاوچنۆکییەکی لە مندا وروژاند، چونکە گوناه بەبێ تەورات مردووە. [9]منیش لەپێشدا بەبێ تەورات دەژیام. بەڵام کاتێك ڕاسپاردە هات، گوناه هاتە ژیان و منیش مردم. [10]بینیم هەمان ئەو ڕاسپاردەیەی بۆ ژیانە بۆ من بۆ مردنە، [11]چونکە گوناه ڕاسپاردەکەی قۆستەوە و منی خەڵەتاند و بەو منی کوشت.

[12]کەواتە تەورات پیرۆزە، ڕاسپاردەش پیرۆز و دادپەروەر و چاکە.

[13]ئایا چاکە بۆ من بووەتە مایەی مردن؟ حاشا! بەڵکو گوناه بەهۆی چاکەوە مردنی لە مندا هێنایە کایەوە، بۆ ئەوەی دەربکەوێت کە گوناه بە ڕاستی

[a] 7 دەرچوون ١٧:٢٠ و دواوتار ٢١:٥.

گوناهە و تاکو لە ڕێگەی ڕاسپاردەکەوە ئاشکرابێت کە گوناە تەواو خراپە.

١٤ئێمە دەزانین تەورات ڕۆحییە، بەڵام من دنیاییم و وەك کۆیلە فرۆشراوم بە گوناە. ١٥ئیتر نازانم چی دەکەم، چونکە ئەوەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەوەی ڕقم لێیەتی ئەوە دەکەم. ١٦ئەگەر ئەوە بکەم کە نامەوێت، ئەوسا تەورات پەسەند دەکەم کە باشە. ١٧ئیتر من نیم کە وا دەکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی لە مندا نیشتەجێیە، ١٨چونکە دەزانم هیچ چاکەیەك لە مندا نیشتەجێ نییە، واتە لە سروشتی دنیاییمدا. خواست لەلام ئامادەیە، بەڵام توانای چاکەکردنم نییە، ١٩چونکە ئەو چاکەیەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەو خراپەی کە نامەوێت ئەوە دەکەم. ٢٠ئەگەر ئەوەم کرد کە نامەوێت، ئیتر ئەوە من نیم کە دەیکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی لە مندا نیشتەجێیە.

٢١کەواتە ئەم یاسایە دەبینم: کاتێك دەمەوێت چاکە بکەم، خراپە لەلام ئامادەیە، ٢٢چونکە لە ناخمدا بە تەوراتی خودا دڵشادم، ٢٣بەڵام یاسایەکی دیکە لە ئەندامانی جەستەمدا دەبینم، کە بەربەرەکانێی یاسای هزرم دەکات و دەمکاتە دیلی یاسای گوناە کە لە ئەندامەکانی جەستەمدایە. ٢٤ئای لە منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ فریای ئەم جەستەیەم دەکەوێت کە دەبێت بمرێت؟ ٢٥سوپاسی خودا دەکەم کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە دەربازم دەکات!

کەواتە بە بیری خۆم خزمەتی تەوراتی خودا دەکەم، بەڵام بە سروشتی دنیاییم خزمەتی یاسای گوناە دەکەم.

## ئازادبوون لە مردن

٨ کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن، ٢چونکە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە یاسای ڕۆحی ژیان لە یاسای گوناە و مردن ئازادی کردیت. ٣خودا ئەوەی کرد کە تەورات بەهۆی لاوازی سروشتی دنیایی نەیتوانی بیکات: کوڕەکەی خۆی لە شێوەی جەستەی مرۆڤی گوناهبار[a] نارد بۆ ئەوەی ببێتە قوربانی گوناە. لە جەستەی مرۆڤانەدا گوناهی تاوانبار کرد، ٤تاکو داواکارییە دروستەکانی تەورات لە ئێمەدا بێتە دی، کە بەگوێرەی سروشتی دنیایی ناژین، بەڵکو بەگوێرەی ڕۆحی پیرۆز.

٥ئەوانەی بەگوێرەی سروشتی دنیایی دەژین، بایەخ بە کاروباری سروشتی دنیایی دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەگوێرەی ڕۆحی پیرۆز دەژین، بایەخ بە کاروباری ڕۆحی پیرۆز دەدەن. ٦بایەخی سروشتی دنیایی مردنە، بەڵام بایەخی ڕۆحەکە ژیان و ئاشتییە. ٧بایەخی سروشتی دنیایی دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، چونکە ملکەچی تەوراتی خودا نابێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت. ٨جا ئەوانەی لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایین ناتوانن خودا ڕازی بکەن.

٩بەڵام ئێوە، ئەگەر ڕۆحی خودا لەناوتاندا نیشتەجێ بێت، ئەوا لەژێر کاریگەری سروشتی دنیایی نین، بەڵکو لە لەژێر کاریگەری ڕۆحدان. ئەگەر یەکێکیش ڕۆحی مەسیحی نەبێت، ئەوا هی مەسیح نییە. ١٠ئەگەر مەسیح لە ئێوەدا بێت، ئەوا جەستە بەهۆی گوناە مردووە، بەڵام ڕۆح بەهۆی ڕاستودروستی زیندووە. ١١ئەگەر ڕۆحی ئەوەی عیسای لەنێو مردووان هەستاندەوە لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، ئەوا ئەوەی مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە بە ڕۆحی خۆی کە لە ئێوەدا نیشتەجێیە لەشی مردووشتان زیندوو دەکاتەوە.

١٢بۆیە ئەی خوشك و برایان، ئێمە قەرزارین، بەڵام قەرزاری سروشتی دنیایی نین، تاکو بەگوێرەی ئەو بژین. ١٣ئەگەر بێتو ئێوە بەگوێرەی سروشتی دنیایی بژین دەمرن، بەڵام ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز کردارەکانی سروشتی دنیاییتان مراند، ئەوا دەژین، ١٤چونکە هەموو ئەوانەی ڕۆحی خودا بەڕێوەیان دەبات، ڕۆڵەی خودان. ١٥ئێوە ڕۆحی کۆیلەییتان وەرنەگرتووە تاکو بۆ ترس بتانگەڕێنێتەوە، بەڵکو

[a] ٣ مەسیح خۆی بێ گوناە بوو، بەڵام هەمان جەستەی مرۆڤانەی گوناهباری هەبوو.

ڕۆحی لەخۆگرتنەوەتان[a] وەرگرتووە، بەهۆیەوە
هاوار دەکەین: «بابە! باوکە!» ١٦ ڕۆحی پیرۆز خۆی
شایەتی بۆ ڕۆحمان دەدات کە منداڵی خوداین.
١٧ ئەگەر منداڵی بین، میراتگریشین، میراتگری خودا
و هاومیراتی مەسیح، ئەگەر لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو
ئازار بچێژین، بۆ ئەوەی تاکو لەگەڵ ئەو شکۆدار
بین.

## ئازارەکانی ئێستا و شکۆی داهاتوو

١٨ پێم وایە ئازارەکانی ئێستا لەگەڵ شکۆی داهاتوو
کە تیاماندا ئاشکرا دەکرێت بەراورد ناکرێت،
١٩ چونکە بەدیهێنراو بە پەرۆشەوە چاوەڕێ دەکات
ڕۆڵەکانی خودا ئاشکرا بکرێن. ٢٠ بەدیهێنراو ملکەچی
بێنرخبوون بوو، نەك بە ویستی خۆی، بەڵکو بە
ویستی ئەوەی کە ملکەچی کرد[b]، بە هیوای ئەوەی
٢١ کە خودی بەدیهێنراو لە کۆیلایەتی گەندەڵی
ئازاد بکرێت تاکو هاوبەش بێت لە سەربەستی
شکۆمەندی منداڵانی خودا.
٢٢ دەزانین هەموو بەدیهێنراوان هەتا ئێستا
بەیەکەوە دەناڵێنن و ژانیان گرتووە. ٢٣ تەنها ئەمە نا،
بەڵکو ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان
وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە
چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتە ڕزگاریی جەستەمان،
٢٤ چونکە بە هیواوە ڕزگارمان بوو. بەڵام هیوای
بینراو هیوا نییە. ئەوەی دەیبینی هیوای چی پێ
دەخوازیت؟ ٢٥ بەڵام ئەگەر هیوای شتێك بخوازین
کە بینراو نییە، ئەوا بە دانبەخۆداگرتنەوە چاوەڕێی
دەکەین.
٢٦ بە هەمان شێوە ڕۆحی پیرۆز لە لاوازییەکانماندا
یارمەتیمان دەدات. نازانین لە پێناوی چی نوێژ
بکەین، بەڵام ڕۆحی پیرۆز خۆی بە ناڵەوە داکۆکیمان
لێدەکات بە شێوەیەك کە باس ناکرێت. ٢٧ ئەوەی
دڵی مرۆڤ دەپشکنێت، دەزانێت ڕۆحی پیرۆز بایەخ
بە چی دەدات، چونکە بەگوێرەی خواستی خودا
داکۆکی لە گەلی پیرۆزی خودا دەکات.
٢٨ ئێمە دەزانین خودا لە هەموو شتەکاندا کار
دەکات بۆ چاکەی ئەوانەی ئەویان خۆشدەوێت،
ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون،
٢٩ چونکە ئەوانەی پێشتر ناسیبوونی، پێشتر دیاری
کردن بۆ ئەوەی وەك وێنەی کوڕەکەی ئەویان لێ
بێت، تاکو لەنێو زۆرێك لە خوشك و برایاندا ئەو
ببێتە نۆبەرە. ٣٠ ئەوانەی پێشتر دیاری کردن بانگیشی
کردن، ئەوانەی بانگی کردن بێتاوانیشی کردن،
ئەوانەی بێتاوانی کردن شکۆداریشی کردن.

## سەرکەوتنی لە ڕادەبەدەر

٣١ ئیتر چی بەمانە بڵێین؟ ئەگەر خودا لەگەڵمان
بێت، کێ دژمانە؟ ٣٢ ئەوەی دەستی بە کوڕەکەی
خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەموومان
پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو
شتێکمان بەخۆڕایی ناداتێ؟ ٣٣ کێ سکاڵا لە
هەڵبژێردراوانی خودا دەکات؟ خودایە ئەوەی بێتاوان
دەکات. ٣٤ کێیە تاوانبار دەکات؟ کەس نییە. عیسای
مەسیحە کە مرد، بەڵکو لەمەش زیاتر هەستێنرایەوە،
هەر ئەویش لە دەستە ڕاستی خودایە و داکۆکیمان
لێدەکات. ٣٥ کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان
دەکاتەوە؟ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە
یان قاتوقڕی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟
٣٦ وەك نووسراوە:

﴿لە پێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مردن
دەبینەوە،
وەك مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.﴾[c]

٣٧ بەڵام لە هەموو ئەمانەدا لە ڕادەبەدەر
سەرکەوتووین لە ڕێگەی ئەوەی کە خۆشی
ویستووین، ٣٨ چونکە دڵنیام نە مردن و نە ژیان، نە
فریشتەکان و نە سەرۆکەکان، نە شتەکانی ئێستا

[a] ١٥ منداڵی کەسێکی دیکە وەك منداڵی خۆی پەروەردە دەکات و هەموو مافەکانی پێدەدات.

[b] ٢٠ جیهان بە ویستی خۆی نییە کاتێك تووشی کارەسات و ناخۆشی دێت، بەڵکو لەلایەن خوداوە بۆی دێت.

[c] ٣٦ زەبوورەکان ٤٤:٢٢.

و نە شتەکانی داهاتوو، نە هێزەکان، ٣٩نە بەرزی
و نە قووڵی، نە بەدیهێنراوی دیکە، ناتوانێت لە
خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە ڕێگەی
عیسای مەسیحی گەورەمانەوە بۆمان دێت.

## ئایا بەڵێنەکانی خودا نایەنە دی؟

٩ مەسیح شایەتمە کە ڕاستی دەڵێم و درۆ
ناکەم، ویژدانیشم بە ڕۆحی پیرۆز ئەوە
دووپات دەکاتەوە، ٢کە زۆر دڵتەنگم و ئازارێکی بێ
بڕانەوەم لە دڵدایە. ٣خۆزگە خۆم نەفرەتم لێ بکرایە
و لە مەسیح بێبەش بوومایە، لە پێناوی برایانم،
هاونەژادەکانم، ٤ئیسرائیلییەکان، لەخۆگرتنەوە[a]
و شکۆ و پەیمانەکان و وەرگرتنی تەورات و
پەرستن[b] و بەڵێنەکان هی ئەوانە. ٥باوکانیش هی
ئەوانن و مەسیحیش بەگوێرەی جەستە لەوانەوە
هاتووە، ئەوەی لە سەرووی هەمووانە، هەتاهەتایە
خودایەکی پیرۆزە! ئامین.
٦واتای ئەوە نییە کە فەرمایشتی خودا کاریگەری
نەماوە، چونکە هەموو ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیلن،
گەلی هەڵبژێردراوی خودا[c] نین. ٧هەروەها هەموو
ئەوانەی نەوەی ئیبراهیمن، منداڵی ئەو نین، بەڵکو:
﴿لە ڕێگەی ئیسحاقەوە نەوەی تۆ ناودەبردرێت.﴾[d]
٨واتە ئەو منداڵانەی کە بە خواستی مرۆڤانە بوون،
منداڵی خودا نین، بەڵکو ئەو منداڵانەی کە بە بەڵێنی
خودا بوون، ئەوانە بە نەوەی ئیبراهیم دادەنرێن،
٩چونکە وتەی بەڵێنەکە ئەمەیە: ﴿کاتێکی ئاوا
دێمەوە و ساراش کوڕێکی بووە.﴾[e]
١٠نەك تەنها ئەمە، بەڵکو ڕفقەش لە یەکێك سکی
کرد کە ئیسحاقی باوکمانە. ١١بۆ ئەوەی خواستی
خودا لە هەڵبژاردندا بچەسپێت کە بە کردار نییە،
بەڵکو بەو بانگهێشتەیە کە خۆی دەیکات، بەر
لەوەی لەدایك بن و چاکە و خراپە بکەن، ١٢خودا
بە دایکیانی فەرموو: ﴿گەورەکە خزمەتی بچووکەکە
دەکات.﴾[f] ١٣وەك نووسراوە: ﴿یاقوبم خۆشویست
بەڵام ڕقم لە عیسۆ بووەوە.﴾[g]

## بەزەیی خودا

١٤کەواتە چی بڵێین؟ ئایا خودا دادپەروەر نییە؟
حاشا! ١٥چونکە بە موسا دەفەرموێ:

﴿میهرەبان دەبم لەگەڵ ئەوەی میهرەبان دەبم و
بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بەزەییم پێیدا
دێتەوە.﴾[h][i]

١٦کەواتە، بە ئارەزووی یەکێك و هەوڵدانی یەکێك
نییە، بەڵکو لە خوداوەیە کە بەزەیی هەیە.
١٧نووسراوە پیرۆزەکە بە فیرعەون دەفەرموێ:
﴿لەبەر ئەوە تۆم هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی توانای
خۆم لە تۆدا دەربخەم، تاکو لە هەموو زەویدا ناوم
ڕابگەیەنرێت.﴾[j] ١٨کەواتە خودا بەزەیی بەوە دێتەوە
کە دەیەوێت و ئەوەش دڵڕەق دەکات کە دەیەوێت.
١٩ئینجا پێم دەڵێی: «ئیتر بۆچی خودا هێشتا
خەتابارمان دەکات؟ کێ دەتوانێت لە دژی خواستی
ئەو ڕابوەستێت؟» ٢٠ئەی مرۆڤ تۆ کێیت وەڵامی
خودا دەدەیتەوە؟ ﴿ئایا دروستکراو بە دروستکەری
دەڵێ: «بۆچی وا دروستت کردم؟»﴾[k] ٢١ئایا گۆزەکەر
دەسەڵاتی بەسەر قوڕدا نییە لە هەمان قوڕ دەفرێك
بۆ ڕێزلێنان و یەکێکی دیکەش ئاسایی دروستبکات؟
٢٢بەڵام چییە ئەگەر خودا کە دەیەوێت
تووڕەیی دەربخات و توانای خۆی ئاشکرا بکات، بە
پشوودرێژی زۆرەوە بەرگەی ئەو دەفرانەی تووڕەیی
گرت کە بۆ لەناوبردن ئامادە کراون؟ ٢٣چییە ئەگەر

---

[a] ٤ بڕوانە ١٥:٨، ٢٣.
[b] ٤ پەرستن لەناو پەرستگای ئۆرشەلیم.
[c] ٦ گەلی هەڵبژێردراوی خودا: گەلی ئیسرائیل.
[d] ٧ پەیدابوون ١٢:٢١.
[e] ٩ پەیدابوون ١٨:١٠،١٤.
[f] ١٢ پەیدابوون ٢٣:٢٥.
[g] ١٣ مەلاخی ١:٢،٣.
[h] ١٥ وەك ئەوەی خودا بە موسا دەفەرموێت: بە ویستی خۆمە کێی بمەوێت لەگەڵی میهرەبان و بە بەزەیی دەبم.
[i] ١٥ دەرچوون ١٩:٣٣
[j] ١٧ دەرچوون ١٦:٩
[k] ٢٠ ئیشایا ٢٩:١٦؛ ٩:٤٥

ئەمەی کرد تاکو دەوڵەمەندی شکۆی خۆی لەسەر ئەو دەفرانەی بەزەیی ئاشکرا بکات کە پێشتر بۆ شکۆمەندی ئامادەی کردوون؟ [٢٤]لەناو ئەواندا ئێمەشی بانگکردووە، نەک تەنها لە جولەکە، بەڵکو لە نەتەوەکانیش. [٢٥]وەک لە هۆشەعدا دەفەرموێ:

﴿ئەوەی گەلی من نییە ناوی دەنێم گەلی خۆم و
ئەوەی خۆشەویست نییە بە خۆشەویست،﴾[a]
هەروەها
[٢٦]﴿لەو شوێنەی پێیان گوترا: «ئێوە گەلی من نین،»
لەوێدا «بە ڕۆڵەکانی خودای زیندوو
ناودەبردرێن.»﴾[b]

[٢٧]ئیشایاش دەربارەی ئیسرائیل هاوار دەکات:

﴿ئەگەر ژمارەی نەوەی ئیسرائیل بەقەد لمی
دەریا بێت،
تەنها پاشماوەیان ڕزگاری دەبێت،
[٢٨]چونکە یەزدان بە خێرایی دوا بڕیاری خۆی
بەسەر زەویدا جێبەجێ دەکات.﴾[c]

[٢٩]وەک ئیشایا پێشتر گوتوویەتی:

﴿ئەگەر یەزدانی سوپاسالار نەوەی بۆ
نەهێشتباینایەوە،
وەک سەدۆممان[d] لێ دەهات و لە عەمۆرا
دەچووین.﴾[e]

[٣٠]کەواتە چی بڵێین؟ ئەو نەتەوانەی بۆ بێتاوانبوون کۆششیان نەکرد، بێتاوانبوونیان بەدەستهێنا، ئەو بێتاوانبوونەی بە باوەڕە. [٣١]کەچی ئیسرائیل بە تەورات کۆششیان کرد بۆ بێتاوانبوون، بەو تەوراتە پێی نەگەیشتن. [٣٢]بۆچی؟ چونکە بە باوەڕ نەبوو، بەڵکو لەسەر بنچینەی کردار بوو. ئەوسا بۆیان بوو

[a] ٢٥ هۆشەع ٢:٢٣
[b] ٢٦ هۆشەع ١:١٠
[c] ٢٨ ئیشایا ١٠:٢٢،٢٣.
[d] ٢٩ بڕوانە پەیدابوون ١٨ و ١٩.
[e] ٢٩ ئیشایا ١:٩

بە کۆسپ و تەگەرە و ساتمەیان لێکرد، [٣٣]هەروەک نووسراوە:

﴿ئەوەتا بەردێک بۆ کۆسپ لە سییۆن دادەنێم،
تاشەبەردێکیش کە لێی بکەونە خوارەوە،
بەڵام ئەوەی پشتی پێ ببەستێت شەرمەزار
نابێت.﴾[f]

١٠ ئەی خوشک و برایان، ئارەزووی دڵم و پاڕانەوەم لە خودا لە پێناوی ڕزگاریی نەوەی ئیسرائیلە. [٢]شایەتییان بۆ دەدەم کە دڵگەرمییان بۆ خودا هەیە، بەڵام بە زانیارییەوە نییە. [٣]لەبەر ئەوەی بێتاوانکردنیان[g] لە خوداوە نەزانی، هەوڵیان دا بێتاوانکردنی خۆیان بچەسپێنن، ملکەچی بێتاوانکردنی خودا نەبوون. [٤]بەڵام مەسیح دەرئەنجامی تەوراتە، تاکو ڕاستودروستی بۆ هەموو ئەوانە بێت کە باوەڕ دەهێنن.

## ڕزگاری بۆ هەمووان

[٥]موسا لەبارەی ئەو ڕاستودروستییەی بەپێی تەوراتە دەنووسێت: ﴿ئەو کەسەی پەیڕەویان بکات، بە هۆیانەوە دەژییێت.﴾[h] [٦]بەڵام ئەم ڕاستودروستییەی بە باوەڕە ئاوا دەفەرموێ: ﴿لە دڵی خۆتاندا مەڵێن، «کێ سەردەکەوێتە ئاسمان؟»﴾[i] (واتە مەسیح بهێنێتە خوارەوە،) ٧١٠﴿یان «کێ دادەبەزێتە ناو بیری بێ بن؟»﴾[j] (واتە مەسیح لەناو مردووان سەربخات.) [٨]بەڵام چی دەفەرموێ؟ ﴿پەیامەکە لێت نزیکە، لەسەر زمانتە و لە دڵتدایە،﴾[k] ئەمەش پەیامی ئەو باوەڕەیە کە ڕایدەگەیەنین: [٩]ئەگەر بە دەمت دانت پێدا نا کە عیسا پەروەردگارە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبێت. [١٠]لەبەر

[f] ٣٣ ئیشایا ١٤:٨ و ئیشایا ١٦:٢٨
[g] ٣ یۆنانی: ڕاستودروستی.
[h] ٥ لێڤییەکان ٥:١٨.
[i] ٦ دواوتار ١٢:٣٠.
[j] ٧ دواوتار ١٣:٣٠.
[k] ٨ دواوتار ١٤:٣٠.

ئەوەی بە دڵ باوەڕهێنان ئەنجامەکەی بێتاوانبوونە،
بە دەم دانپێدانان ئەنجامەکەی ڕزگارییە. ١١ هەروەك
چۆن نووسراوە پیرۆزەکە دەفەرموێ: ﴿هەرکەسێك
پشتی پێ ببەستێت، شەرمەزار نابێت.﴾[a] ١٢ جیاوازی
لەنێوان جولەکە و ناجولەکە نییە، لەبەر ئەوەی
هەمان پەروەردگارە بۆ هەمووان، دەوڵەمەندە
بۆ هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە، ١٣ چونکە
﴿هەرکەسێك بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری
دەبێت.﴾[b]

١٤ ئیتر چۆن لە یەکێك دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی
نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێك دەهێنن ئەگەر
نەیانبیستبێت؟ چۆنیش دەیبیستن بێ ئەوەی یەکێك
پێیان ڕابگەیەنێت؟ ١٥ هەروەها چۆن ڕادەگەیەنن
ئەگەر نەنێردرابن؟ وەك نووسراوە: ﴿چەند جوانە
پێیەکانی ئەوانەی مزگێنی خۆشی دەدەن!﴾[c]
١٦ بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل گوێڕایەڵی
پەیامی ئینجیل نەبوون، چونکە ئیشایا دەڵێت:
﴿ئەی یەزدان، کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟﴾[d]
١٧ کەواتە باوەڕ بە بیستنە، بیستنیش بە وشەی
مەسیحە. ١٨ بەڵام دەڵێم: ئایا گوێیان لێ نەبوو؟ بەڵێ!

﴿پەیامیان بە هەموو زەوی گەیشت،
وتەکانیان بەوپەڕی جیهان.﴾[e]

١٩ بەڵام دەڵێم: ئایا ئیسرائیل تێنەگەیشت؟ یەکەم جار
موسا دەڵێت:

﴿من واتان لێدەکەم ئیرەیی بەوانە ببەن کە گەل
نین،
بە نەتەوەیەکی گێل پەستتان دەکەم.﴾[f]

٢٠ بەڵام ئیشایا ئازایانە دەڵێت:

﴿دۆزرامەوە لەلایەن ئەوانەی بەدوامدا نەگەڕان،
دەرکەوتم بۆ ئەوانەی پرسیاری منیان نەکرد.﴾[g]

٢١ بەڵام دەربارەی ئیسرائیل دەڵێت:

﴿بە درێژایی ڕۆژ دەستم بۆ گەلێکی یاخی و
بەرهەڵستکار ڕاگرت.﴾[h]

## پاشماوەیەك بە نیعمەت هەڵبژێردراون

١١ لێرەدا دەپرسم: ئایا خودا گەلەکەی
خۆی ڕەتکردەوە؟ نەخێر! چونکە منیش
ئیسرائیلیم، لە نەوەی ئیبراهیم لە هۆزی بنیامین.
٢ خودا گەلەکەی خۆی کە پێشتر ناسیویەتی ڕەتی
نەکردەوە. ئایا نازانن نووسراوە پیرۆزەکە لەبارەی
ئەلیاس چی دەفەرموێ؟ چۆن لەلای خودا لە دژی
ئیسرائیل دەپاڕێتەوە: ٣ ﴿ئەی یەزدان، پێغەمبەرەکانی
تۆیان کوشتووە، قوربانگاکانی تۆیان وێران کردووە.
من بە تەنها ماومەتەوە، ئەوانیش بەدوامدا دەگەڕێن
هەتا بمکوژن.﴾[i] ٤ بەڵام وەڵامی خودایی چییە
بۆی؟ ﴿حەوت هەزار پیاوم بۆ خۆم هێشتووەتەوە،
ئەوانەی چۆکیان بۆ بەعل نەچەماندووەتەوە.﴾[j] ٥ لەم
سەردەمەی ئێستاش، پاشماوەیەك هەیە بە نیعمەت
هەڵبژێردراون. ٦ بەڵام ئەگەر بە نیعمەت بێت، ئیتر
بە کردار نییە. ئەگینا ئیتر نیعمەت نیعمەت نییە.
٧ کەواتە چی؟ ئەوەی ئیسرائیل هەوڵی بۆ دەدا
دەستی نەکەوت، بەڵکو هەڵبژێردراوان دەستیان
کەوت، ئەوانی دیکەش دڵڕەق بوون، ٨ وەك نووسراوە:

﴿خودا ڕۆحی خەوی قووڵی داونەتێ،
چاوی داونەتێ پێی نەبینن و
گوێی داونەتێ پێی نەبیستن، تاکو ئەمڕۆش.﴾[k]

٩ داودیش دەڵێت:

[a] ١١ ئیشایا ١٦:٢٨.
[b] ١٣ یۆئێل ٣٢:٢.
[c] ١٥ ئیشایا ٧:٥٢.
[d] ١٦ ئیشایا ١:٥٣.
[e] ١٨ زەبوورەکان ٤:١٩.
[f] ١٩ دواوتار ٢١:٣٢.
[g] ٢٠ ئیشایا ١:٦٥.
[h] ٢١ ئیشایا ٢:٦٥.
[i] ٣ یەکەم پاشایان ١٠:١٩،١٤.
[j] ٤ یەکەم پاشایان ١٨:١٩.
[k] ٨ دواوتار ٤:٢٩، ئیشایا ١٠:٢٩.

﴿با خوانەکەیان ببێتە داو و تەڵە،
کۆسپ و سزا بۆیان.
[١٠] با بەرچاویان تاریك بێت تاکو نەبینن،
هەمیشە پشتیان چەماوە بێت.﴾[a]

## ڕزگاربوونی ناجولەکەکان

[١١] دیسان دەپرسم: ئایا جولەکەکان ساتمەیان
کرد تاکو بکەون و هەڵنەستنەوە؟ حاشا! بەڵکو
بە گوناهی ئەوان ڕزگاری بۆ نەتەوەکان هاتە
کایەوە، تاکو ببێتە مایەی وروژاندنی ئیرەیی گەلی
ئیسرائیل. [١٢] جا ئەگەر گوناهی ئەوان دەوڵەمەندی
بێت بۆ جیهان و دۆڕاندنیان دەوڵەمەندی بێت بۆ
نەتەوەکان، ئاخۆ تەواوەتییان دەبێت چەند بێت؟
[١٣] ئەی نەتەوەکان، قسەتان بۆ دەکەم: شانازی
بە خزمەتەکەمەوە دەکەم، چونکە نێردراوم بۆ
نەتەوەکان، [١٤] تاکو ئیرەیی هاوڕەچەڵەکەکانم
بجوڵێنم و هەندێکیان ڕزگار بکەم، [١٥] چونکە ئەگەر
ڕەتکردنەوەیان ئاشتبوونەوەی جیهان بێت، ئەی
پەسەندکردنیان چی دەبێت، ئەگەر ژیانەوەی
مردووان نەبێت؟ [١٦] ئەگەر یەکەمین بەرهەمی
هەویرەکە کە پێشکەش کرابێت پیرۆزە، ئەوا
هەمووی هەویرەکەش پیرۆزە. ئەگەر ڕەگەکە پیرۆز
بێت، ئەوا لقەکانیش.
[١٧] بەڵام ئەگەر هەندێك لق بڕانەوە، تۆش لە
دارەکە موتوربە کرایت کە زەیتوونێکی کێویت و
بەمە لە ڕەگ و شیری زەیتوونەکە بەشدار بوویت،
[١٨] شانازی بەسەر لقەکانەوە مەکە. ئەگەر شانازی
دەکەیت، بزانە کە تۆ ڕەگەکە هەڵناگریت، بەڵکو
ئەوە هەڵتدەگرێت. [١٩] ئێتر دەڵێی: «لقەکان بڕانەوە
تاکو من موتوربە بکرێم.» [٢٠] باشە. ئەوان لەبەر
بێباوەڕی بڕانەوە، تۆش بە باوەڕ جێگیر بوویت.
لەخۆبایی مەبە، بەڵکو بترسە، [٢١] چونکە ئەگەر
خودا بەزەیی بە لقە سروشتییەکاندا نەیەتەوە، ئەوا
بەزەیی بە تۆشدا نایەتەوە.
[٢٢] لەبەر ئەوە نەرمونیانی و توندی خودا

[a] ١٠ زەبوورەکان ٦٩:٢٢،٢٣.

لەبەرچاو بگرە: توندی بۆ ئەوانەیە کە کەوتن، بەڵام
نەرمونیانی بۆ تۆیە ئەگەر لە نەرمونیانییەکەی
جێگیر بیت، ئەگینا تۆش دەبڕدرێیتەوە. [٢٣] ئەوانیش
ئەگەر لە بێباوەڕی جێگیر نەبن موتوربە دەکرێنەوە،
چونکە خودا دەتوانێت موتوربەیان بکاتەوە.
[٢٤] ئەگەر تۆ بەگوێرەی سروشت لە دار زەیتوونێکی
کێوی بڕابیتەوە و بە پێچەوانەی سروشت لە دار
زەیتوونێکی چاك موتوربە کرایت، ئاخۆ چەند زیاتر
ئەوانەی بەگوێرەی سروشت لە دار زەیتوونەکەی
خۆیان موتوربە دەکرێن.

## بەزەیی خودا بۆ هەمووانە

[٢٥] ئەی خوشك و برایان، نامەوێت ئەم نهێنییە
نەزانن، نەوەك خۆتان بە دانا بزانن: کەللەڕەقی
بەشێك لە ئیسرائیلی گرتەوە هەتا تەواوی نەتەوەکان
بێنە ناوەوە. [٢٦] بەم شێوەیە هەموو ئیسرائیل ڕزگاری
دەبێت، وەك نووسراوە:

﴿ڕزگارکەر لە سییۆنەوە دێت،
خوانەناسی لە یاقوب دووردەخاتەوە.
[٢٧] ئەمەش پەیمانی منە لەگەڵ ئەوان
کاتێك گوناهەکانیان دادەماڵم.﴾[b]

[٢٨] بەگوێرەی پەیامی ئینجیل لە پێناوی ئێوەدا
دوژمنن[c]، بەڵام بەگوێرەی هەڵبژاردن لە پێناوی
باوکاندا خۆشەویستن، [٢٩] چونکە بەخشینەکانی خودا
و بانگکردنەکەی بێ پەشیمانییە. [٣٠] هەروەك چۆن
ئێوە پێشتر گوێڕایەڵی خودا نەبوون، بەڵام ئێستا
بەهۆی گوێڕایەڵ نەبوونی ئەوان ئێوە بەر بەزەیی
کەوتن، [٣١] ئەوانیش ئێستا گوێڕایەڵ نین، تاکو بەو
بەزەییەی بۆ ئێوە بوو ئەوانیش بەر بەزەیی بکەون.
[٣٢] خودا هەمووانی لە گوێڕایەڵنەبووندا بەندکرد، تاکو
بەزەیی بە هەمووواندا بێتەوە.

[٣٣] ئای لە قووڵی دەوڵەمەندی و دانایی و زانیاری
خودا!

[b] ٢٧ ئیشایا ٥٩:٢٠،٢١ و ٩:٢٧ و یەرمیا ٣١:٣٣،٣٤.
[c] ٢٨ دوژمنی خودان.

حوکمەکانی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە و
ڕێگاکانی لە سەرووی وردبوونەوەیە.
[٣٤] ﴿کێ بیری یەزدانی زانی؟
یان کێ بووە ڕاوێژکاری؟﴾[a]
[٣٥] ﴿کێ شتێکی پێ بەخشیوە تاکو پێی
بدرێتەوە؟﴾[b]
[٣٦] چونکە هەموو شتەکان لە ئەوە و بەهۆی ئەوە و
بۆ ئەوە.
هەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین.

## قوربانییەکی زیندوو

١٢ بۆیە ئەی خوشك و برایان، لەبەر
میهرەبانی خودا لێتان دەپاڕێمەوە
لەشتان وەك قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن،
پیرۆز و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی
هۆشمەندانەتانە. [٢] شێوەی ئەم دنیایە وەرمەگرن،
بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تاکو بە
لێکدانەوە بتوانن دەریبخەن خواستی خودا چییە، کە
باش و پەسەندکراو و تەواوە.
[٣] بەو نیعمەتەی پێم دراوە بە هەر یەکێك دەڵێم
کە لەنێوتاندایە: با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی
نەکات، بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە
باوەڕەی خودا بە هەر یەکێکی بەخشیوە. [٤] وەك
چۆن لە یەك لەشدا ئەندامی زۆرمان هەیە، هەموو
ئەندامەکانیش یەك کاریان نییە، [٥] ئێمەش بە هەمان
شێوە، هەرچەندە زۆرین بەڵام ئەندامی یەك لەشین
کە لەشی مەسیحە، ئیتر هەمووشمان بەیەکەوە
بەندین. [٦] بەڵام بەهرەی جیاوازمان هەیە، بەگوێرەی
ئەو نیعمەتەی پێمان دراوە: ئەگەر کەسێك بەهرەی
ڕاگەیاندنی پەیامی خودای هەیە، با بەگوێرەی ڕێژەی
باوەڕ بێت؛ [٧] ئەگەر بەهرەی خزمەتکردنی هەیە، با
خزمەت بکات؛ ئەگەر بەهرەی فێرکردنی هەیە، با فێر
بکات؛ [٨] ئەگەر بەهرەی هاندانی هەیە، با هانبدات؛
ئەگەر بەهرەی بەخشینی هەیە، با بە دڵفراوانییەوە
ببەخشێت؛ ئەگەر بەهرەی ڕابەرایەتیکردنی هەیە، با
بە دڵگەرمییەوە بێت؛ ئەگەر بەهرەی بەزەیی هەیە،
با بە دڵخۆشییەوە بێت.
[٩] با خۆشەویستی بێ دووڕوویی بێت. ڕقتان لە
خراپە بێت و بە چاکەوە بنووسێن. [١٠] بە خۆشەویستی
برایانە بە دڵ یەکتریتان خۆشبوێ، لە خۆتان زیاتر ڕێز
لە یەکتری بگرن. [١١] سست مەبن لە دڵگەرمی، لە ڕۆح
گەرم بن، خزمەتی مەسیحی خاوەن شکۆ بکەن. [١٢] لە
هیوا دڵشاد بن، لە تەنگانە ئارام بگرن، لە نوێژکردن
پەیوەست بن، [١٣] بەشداری بکەن لە پێویستییەکانی
گەلی پیرۆزی خودا، میوانداری خوشك و برا نامۆکان
بکەن.
[١٤] ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە داوای بەرەکەتیان
بۆ بکەن. داوای بەرەکەت بکەن و نەفرەت مەکەن.
[١٥] لەگەڵ دڵشادان دڵشاد بن، بگریێن لەگەڵ ئەوانەی
دەگریێن. [١٦] سەبارەت بە یەکتری هاوبیر بن، بیر لە
بڵندی مەکەنەوە، بەڵکو تێکەڵاوی پایەنزمەکان بن.
خۆتان بە دانا دامەنێن.
[١٧] خراپەی کەس بە خراپە مەدەنەوە. وریا بن
لەبەردەمی هەموو خەڵك ئەوە بکەن کە بە چاك
دەزانرێت. [١٨] بەپێی تواناتان هەوڵ بدەن کە لەگەڵ
هەموو خەڵك بە ئاشتی بژین. [١٩] خۆشەویستان،
خۆتان تۆڵە مەستێنن، بەڵکو ڕێ بە تووڕەیی خودا
بدەن، چونکە نووسراوە: ﴿یەزدان دەفەرموێ،
تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم.﴾[c] [٢٠] بەڵام:

﴿ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو نانی بدەرێ،
ئەگەر تینووی بوو ئاوی بدەرێ.
بەمە پشکۆی داگیرساو لەسەر سەری[d] کەڵەکە
دەکەیت.﴾[e]

[٢١] خراپە نەتبەزێنێت، بەڵکو بە چاکە خراپە ببەزێنە.

---

a ٣٤ ئیشایا ١٣:٤٠.
b ٣٥ ئەیوب ١١:٤١.
c ١٩ دواوتار ٣٥:٣٢.
d ٢٠ مەبەست ئەوەیە کە شەرمەزاری دەکەیت.
e ٢٠ پەندەکان ٢٢،٢١:٢٥.

## ملکەچی بۆ دەسەڵاتداران

١٣ با هەموو کەسێك ملکەچی دەسەڵاتداره
فەرمانڕەواکان بێت، چونکە دەسەڵات
نییە لە خوداوە نەبێت، جا ئەوەی هەیە لەلایەن
خوداوە دانراوە. [٢]ئیتر ئەوەی بەرهەڵستی دەسەڵات
دەکات، بەرهەڵستی دانراوی خودا دەکات،
بەرهەڵستکارانیش حوکمدان بەسەر خۆیان دەهێنن.
[٣]فەرمانڕەوایان جێی ترس نین بۆ چاکەکاری، بەڵکو
بۆ خراپەکاری. ئایا دەتەوێت لە دەسەڵات نەترسیت؟
چاکە بکە، ستایشی ئەو بەدەستدەهێنیت، [٤]چونکە
خزمەتکاری خودایە تاکو چاکەت لەگەڵ بکات. بەڵام
ئەگەر خراپەت کرد بترسە، چونکە لەخۆڕا شمشێر
هەڵناگرێت. ئەو خزمەتکاری خودایە، سزادەری
تووڕەییە بۆ خراپەکاران. [٥]بۆیە پێویستە ملکەچ بن،
نەك تەنها لەبەر تووڕەیی[a]، بەڵکو لەبەر ویژدانیش.
[٦]هەر لەبەر ئەمەشە باج دەدەن، چونکە ئەوان
خزمەتکاری خودان و بەردەوام لەسەر ئەم کارەن.
[٧]مافی هەمووان بدەن: باج بە خاوەن باج، سەرانە بە
خاوەن سەرانە، ترس لە خاوەن ترس، ڕێز بە خاوەن
ڕێز.

## خۆشەویستی برایانە

[٨]بە هیچ شتێك قەرزاری کەس مەبن، جگە لەوەی
یەکتریتان خۆشبوێ، چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی
خۆشبوێ، تەوراتی هێناوەتە دی. [٩]ڕاسپاردەکانی
وەك ﴿داوێنپیسی مەکەن﴾، ﴿مەکوژن﴾،
﴿دزی مەکەن﴾، ﴿چاو مەبڕنە هیچ شتێك کە هی
کەسێکی دیکە بێت﴾[b] و ڕاسپاردەی دیکەش لەم
ڕاسپاردەیەدا کۆدەبنەوە: ﴿نزیکەکەت وەك خۆت
خۆشبوێت.﴾[c] [١٠]خۆشەویستی خراپە لەگەڵ نزیك
ناکات، بۆیە خۆشەویستی هێنانەدی تەوراتە.
[١١]جگە لەوەش کاتەکە دەزانن، وا کاتی ئەوەیە
لە خەو هەستن، چونکە ئێستا ڕزگاریمان نزیکترە
لەو کاتەی باوەڕمان هێنا. [١٢]شەو لە تەواوبوونە، وا
ڕۆژ هەڵدێت. با کرداری تاریکی دابکەنین و چەکی
ڕووناکی لەبەر بکەین. [١٣]با بەڕێزەوە ڕەفتار بکەین
وەك چۆن لە ڕۆژدا ڕەفتار دەکرێت، نەك لە ڕابواردن
و سەرخۆشی، داوێنپیسی و بەڕەڵایی، ناکۆکی و
ئیرەیی. [١٤]بەڵکو عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ
لەبەر بکەن، بیر لە تێرکردنی ئارەزووەکانی سروشتی
دنیایی مەکەنەوە.

## پێشوازی لە یەکتری بکەن

١٤ ئەوەی لە باوەڕدا لاوازە پێشوازیی لێ
بکەن، بەبێ حوکمدانی بیروڕاکان. [٢]هەیە
باوەڕی بەوەیە هەموو شتێك بخوات، بەڵام ئەوەی
باوەڕی لاوازە تەنها سەوزە دەخوات. [٣]با بخۆر
سووکایەتی بە نەخۆر نەکات، نەخۆریش بخۆر
تاوانبار نەکات، چونکە خودا پێشوازی لێکردووە.
[٤]تۆ کێی تاکو خزمەتکاری کەسێکی دیکە حوکم
بدەیت؟ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی خزمەتکار
لە خزمەتەکەیدا پەیوەندی بە گەورەکەیەوە هەیە،
بەڵام سەردەکەوێت چونکە مەسیحی خاوەن شکۆ
دەتوانێت سەریبخات.

[٥]کەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژێکی دیکە بە پیرۆزتر
دادەنێت، کەسێکی دیکە هەموو ڕۆژێك لەبەرچاو
دەگرێت. با هەریەکە لە بیروڕای خۆی دڵنیابێت.
[٦]ئەوەی بایەخ بە ڕۆژ دەدات بۆ یەزدان بایەخ
دەدات. ئەوەی گۆشت دەخوات بۆ یەزدان
دەیخوات، چونکە سوپاسی خودا دەکات. ئەوەش
کە ناخوات بۆ یەزدان ناخوات و سوپاسی خودا
دەکات، [٧]لەبەر ئەوەی کەسمان بۆ خۆی ناژێیت،
کەسیش بۆ خۆی نامرێت. [٨]لەبەر ئەوەی ئەگەر بژین
بۆ مەسیحی خاوەن شکۆ دەژین، ئەگەر بشمرین لە
پێناوی ئەو دەمرین. کەواتە بژین یان بمرین، ئێمە
هی مەسیحین. [٩]هەر لەبەر ئەم هۆیە مەسیح مرد
و زیندووبووەوە تاکو ببێتە گەورەی زیندووان و
مردووان.

[١٠]ئیتر تۆ بۆچی خوشکت یان براکەت تاوانبار

[a] ٥ مەبەست سزای دەسەڵاتدار.

[b] ٩ دەرچوون ٢٠:١٣-١٧ و دواوتار ٥:١٧-٢١.

[c] ٩ لێڤییەکان ١٩:١٨

دەکەیت؟ یان بۆچی سووکایەتییان پێ دەکەیت؟ چونکە هەمووومان لەبەردەم تەختی دادگایی خودا ڕادەوەستین، [١١]چونکە نووسراوە:

«یەزدان دەفەرمووێ: بە گیانی خۆم،
هەموو ئەژنۆیەک بۆ من چۆک دادەدات،
هەموو زمانێک دان بە خودا دەنێت.»[a]

[١٢]کەواتە، هەریەک لە ئێمە دەبێت حیسابی خۆی بداتە خودا.

## لێپرسراوین بەرامبەر بە یەکتری

[١٣]لەبەر ئەوە ئیتر با یەکتری تاوانبار نەکەین، بەڵکو باشترە ئەم بڕیارە بدەن: کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم برا دانەنرێت. [١٤]بەهۆی عیسای خاوەن شکۆوە دەزانم و دڵنیام کە هیچ شتێک لە خۆیدا گڵاو نییە، مەگەر یەکێک بە گڵاوی بزانێت، ئەوە لە لای ئەو گڵاوە. [١٥]ئەگەر بەهۆی خۆراکت خوشکت یان براکەت دڵتەنگ بێت، ئیتر بەگوێرەی خۆشەویستی ناژیت. جا بە خۆراکت ئەو کەسە لەناو مەبە کە مەسیح لە پێناوی مردووە. [١٦]مەهێڵن خەڵکی بە خراپە باسی شتێک بکات کە بۆ ئێوە چاکە، [١٧]چونکە پاشایەتی خودا خواردن و خواردنەوە نییە، بەڵکو ڕاستودروستی و ئاشتی و خۆشییە لە ڕۆحی پیرۆزدا. [١٨]هەرکەسێک بەم شێوەیە خزمەتی مەسیح بکات، جێگای ڕەزامەندی خودا دەبێت و خەڵکیش متمانەی پێ دەکەن.

[١٩]کەواتە با تێبکۆشین لە پێناوی ئەوەی بەرەو ئاشتی و بنیادنانی یەکترمان دەبات. [٢٠]لە پێناوی خۆراک کاری خودا وێران مەکە. هەموو شتەکان پاکن، بەڵام بۆ مرۆڤ ئەگەر ببێتە کۆسپ خراپە بیخوات. [٢١]باشە گۆشت نەخۆیت و شەراب نەخۆیتەوە و شتێک نەکەیت ببێتە هۆکاری کەوتنی خوشکەکەت یان براکەت.

[٢٢]ئەو باوەڕەی هەتە، با لەبەردەم خودا بۆ خۆت بێت. خۆزگە دەخوازرێت بەوەی خۆی تاوانبار ناکات لەو شتەی کە پەسەندی دەکات. [٢٣]بەڵام ئەوەی گومان بکات، ئەگەر بخوات تاوانبار دەکرێت، چونکە لە باوەڕەوە نییە. هەرشتێک لە باوەڕەوە نەبێت گوناهە.

## مەسیح نموونەیە بۆ ئێمە

١٥ بەڵام ئێمەی بەهێز لەسەرمانە بەرگەی کەموکوڕی لاوازان بگرین و خۆمان ڕازی نەکەین. [٢]با هەر یەک لە ئێمە نزیکەکەی بۆ چاکە ڕازی بکات لە پێناوی بنیادنان. [٣]تەنانەت مەسیحیش بیری لە خۆشیی خۆی نەکردەوە، بەڵکو وەک نووسراوە: «جنێوی ئەوانەی جنێوت پێدەدەن کەوتە سەر من.»[b] [٤]چونکە هەرچی لەپێشدا نووسراوە، بۆ فێربوونی ئێمە نووسراوە، تاکو بە دانبەخۆداگرتن و هاندانی نووسراوە پیرۆزەکان هیوامان هەبێت.

[٥]با خودای دانبەخۆداگرتن و هاندان لەنێو خۆتان ڕێککەوتنی بیروڕاتان بداتێ بەگوێرەی بیری عیسای مەسیح، [٦]تاکو بە یەک دڵ و بە یەک دەنگ ستایشی خودا بکەن کە باوکی عیسای مەسیحی گەورەمانە.

[٧]بۆیە پێشوازی لە یەکتری بکەن، هەر وەک مەسیح پێشوازی لێکردین، بۆ شکۆمەندی خودا. [٨]من پێتان دەڵێم، مەسیح لەبەر ڕاستی خودا بوو بە خزمەتکاری جولەکەکان[c]، تاکو ئەو بەڵێنانەی بۆ باوکانە بیانچەسپێنێت، [٩]لەبەر ئەوەی خودا بە بەزەییە نەتەوەکانیش ستایشی خودا دەکەن، وەک نووسراوە:

«لەبەر ئەوە لەنێو نەتەوەکاندا ستایشت دەکەم،
گۆرانی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.»[d]

[١٠]دیسان دەفەرمووێ:

---

[a] ١١ ئیشایا ٤٥:٢٣.

[b] ٣ زەبوورەکان ٦٩:٩.

[c] ٨ یۆنانی: خەتەنەکراوان.

[d] ٩ دووەم ساموئێل ٢٢:٥٠ و زەبوورەکان ١٨:٤٩.

﴿ئەی نەتەوەکان، لەگەڵ گەلی خودا دڵخۆش
بن.﴾[a]
[١١]هەروەها:

﴿ئەی هەموو نەتەوەکان، ستایشی یەزدان بکەن!
ئەی هەموو گەلان، ستایشی بکەن!﴾[b]

[١٢]دیسان ئیشایا دەڵێت:

﴿ڕەگی یەسا دەردەکەوێت،
ئەوەی بۆ فەرمانڕەوایەتی نەتەوەکان
هەڵدەستێتەوە،
ئومێدی نەتەوەکان بەو دەبێت.﴾[c]

[١٣]با خودای هیوا بە هەموو خۆشی و ئاشتییەك
لە باوەڕدا پڕتان بکات، تاکو بە هێزی ڕۆحی پیرۆز
سەرڕێژ بن لە هیوا.

## خزمەتکردنی پۆڵس

[١٤]خوشك و براکانم، خۆم دڵنیام کە ئێوە پڕن لە
چاکە، پڕن لە زانیاری، تواناتان هەیە ئامۆژگاری
یەکتری بکەن. [١٥]بەڵام دەربارەی هەندێك خاڵ
ئازایانەتر بۆم نووسیون، وەك بەیادهێنانەوەتان،
لەبەر ئەو نیعمەتەی خودا پێیداوم، [١٦]تاکو ببمە
خزمەتکاری عیسای مەسیح بۆ نەتەوەکان، وەك
کاهین[d] لە ئەرکی ڕاگەیاندنی مزگێنی خودا، تاکو
قوربانی نەتەوەکان پەسەندکراو بێت، بە ڕۆحی
پیرۆز پیرۆزکراو بێت.
[١٧]لەبەر ئەوە بە هۆی عیسای مەسیحەوە
شانازی دەکەم بەو کارانەی کە بۆ خودای دەکەم.
[١٨]ناوێرم باسی شتێك بکەم جگە لەوەی مەسیح بۆ
گوێڕایەڵبوونی نەتەوەکان بۆ خودا لە ڕێگەی منەوە
ئەنجامی داوە، بە وتە و کردار، [١٩]بە هێزی نیشانە و
پەرجوو، بە هێزی ڕۆحی خودا. تەنانەت لە ئۆرشەلیم
و دەوروپشتی تاکو ئیلیریکوم[e]، بە تەواوی مزگێنی
مەسیحم ڕاگەیاند. [٢٠]بۆیە ئامانجی بەرزم بوو کە
مزگێنی بدەم، نەك لەو شوێنەی ناوی مەسیحی تێدا
هێنرابوو، تاکو لەسەر بناغەی یەکێکی دیکە بنیاد
نەنێم. [٢١]بەڵام وەك نووسراوە:

﴿ئەوانەی باسی ئەویان بۆ نەکرابوو دەبینن،
ئەوانەی نەیانبیستبوو تێدەگەن.﴾[f]

## ئارەزووی دیدەنی ڕۆما

[٢٢]لەبەر ئەمەش بوو چەندین جار ڕێم لێ
دەگیرا بێمە لاتان. [٢٣]بەڵام ئێستا لەم ناوچانە شوێن
نەماوە ئیشی لێ بکەم، ساڵانێکی زۆریشە پەرۆشم
بێمە لاتان، [٢٤]کاتێك دەچمە ئیسپانیا. هیوادارم
بەلاتاندا تێپەڕم و بتانبینم، دوای ئەوەی چێژم لە
بینینتان وەرگرت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش
بێت، ئومێدەوارم بۆ ئەوێم بەڕێبکەن. [٢٥]بەڵام ئێستا
دەچمە ئۆرشەلیم تاکو خزمەتی گەلی پیرۆزی خودا
بکەم. [٢٦]باوەڕدارانی مەکدۆنی و ئەخایا پێیان خۆش
بوو هەندێك بەخشین بۆ هەژاران لەنێو گەلی
پیرۆزی خودا لە ئۆرشەلیم کۆبکەنەوە. [٢٧]ئەوان بە
خۆشییەوە بڕیاریان دا، لە ڕاستیشدا ئەمە ئەرکێك بوو
لەسەریان، چونکە باوەڕدارە جولەکەکان بەرەکەتی
ڕۆحییان پێشکەش بە ناجولەکەکان کردبوو. لەبەر
ئەوە ئەرکی باوەڕدارانی ناجولەکەکان کە بە شتە
ماددییەکان یارمەتی باوەڕدارە جولەکەکان بدەن.
[٢٨]بۆیە، کاتێك ئەمەم تەواو کرد و ئەم بەرهەمەم
بۆ مۆرکردن[g]، بەرەو ئیسپانیا بەلاتاندا تێدەپەڕم.
[٢٩]دەزانم کە بێمە لاتان، بە پڕی بەرەکەتی مەسیحەوە
دێم.
[٣٠]ئێستاش ئەی خوشك و برایان لێتان دەپاڕێمەوە،
لەبەر عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و بە
خۆشەویستی ڕۆحی پیرۆز، لەگەڵم تێبکۆشن لە

[a] ١٠ دواوتار ٤٣:٣٢.
[b] ١١ زەبوورەکان ١:١١٧.
[c] ١٢ ئیشایا ١١:١٠.
[d] ١٦ لە پەیمانی کۆن کاهین پەیوەندی ڕێکخەر بوو لەنێوان خودا و مرۆڤ، لە پەیمانی نوێ مزگێنیدەر بەو خزمەتە هەڵدەستێت.
[e] ١٩ وڵاتی بۆسنیای ئێستا.
[f] ٢١ ئیشایا ١٥:٥٢.
[g] ٢٨ نیشانکردنی بەرهەمەکان کە دەستکاری نەکراوە.

نوێژەکان بۆ خودا لە پێناوی من، ٣١تاکو ڕزگاربم
لەوانەی لە یەهودیا بێباوەڕن، هەروەها تاکو
خزمەتەکەم بۆ ئۆرشەلیم لەلای گەلی پیرۆزی
خودا پەسەندکراو بێت، ٣٢تاکو بە خواستی خودا
بە دڵشادییەوە بێمە لاتان و لەگەڵتان پشوو بدەم.
٣٣خودای ئاشتی لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

## سڵاوی تایبەتی

١٦ سەبارەت بە فیبی خوشکمان کە خزمەتکارە
لە کڵێسای کەنخریا، ڕاتاندەسپێرم ٢بە
ناوی عیسای خاوەن شکۆوە پێشوازی لێ بکەن، بە
پێشوازی‌یەك کە شایانی خوشك و برای پیرۆز بێت،
لە هەر شتێك پێویستی پێتان بوو یارمەتی بدەن،
چونکە بووە یارمەتیدەری زۆر کەس، هەروەها
منیش.

٣سڵاو لە پریسکیلا و ئەکیلا بکەن کە هاوکاری منن
لە خزمەتکردنی عیسای مەسیحدا، ٤ئەوانەی
لە پێناو ژیانی من ژیانی خۆیان خستە
مەترسییەوە، تەنها من سوپاسی ئەوانە ناکەم،
بەڵکو هەموو کڵێساکانی نەتەوەکانیش.
٥سڵاو لەو کڵێسایە بکەن لە ماڵەکەیانە.
سڵاو لە ئەپینەتوسی خۆشەویستم بکەن کە
نۆبەرەی ئاسیایە بۆ مەسیح.
٦سڵاو لە مریەم بکەن کە زۆر پێتانەوە ماندوو بوو.
٧سڵاو لە ئەندرونیکۆس و یونیاسی خزمانم بکەن،
کە لەگەڵم بەند کرابوون، ئەوانەی لەناو
نێردراوان ناودارن، پێش من باوەڕیان هێناوە
بە مەسیح.
٨سڵاو لە ئەمپلیاتۆس بکەن، بەهۆی مەسیحی
باڵادەستەوە بووە بە هاوڕێیەکی خۆشەویستم.
٩سڵاو لە ئوربانۆسی هاوکارمان بکەن لە
خزمەتکردنی مەسیحدا، هەروەها ستاخیسی
خۆشەویستم.
١٠سڵاو لە ئەپیلەس بکەن، ئەوەی کە دڵسۆزی خۆی
بۆ مەسیح سەلماند.
سڵاو لە ماڵی ئەرستۆبولس بکەن.
١١سڵاو لە هیرودیۆنی خزمم بکەن.
سڵاو لەوانەی بکەن کە لە ماڵی نێرگز باوەڕیان بە
مەسیحی خاوەن شکۆیە.
١٢سڵاو لە خوشکان تریفینا و تریفۆسا بکەن، کە لە
پێناوی مەسیحی خاوەن شکۆدا ماندوو دەبن.
سڵاو لە پەرسیسی خوشکی خۆشەویست بکەن،
کە لە پێناوی مەسیحدا زۆر ماندوو دەبێت.
١٣سڵاو لە ڕوفوس بکەن هەڵبژێردراوە بۆ مەسیحی
خاوەن شکۆ، هەروەها لە دایکی کە وەك
دایکمە.
١٤سڵاو بکەن لە ئەسینکریتۆس، فلیگۆن، هەرمەس،
پەتروباس، هرماس و ئەو خوشك و برایانەی
لەگەڵیانن.
١٥سڵاو بکەن لە فیلولوگۆس و جولیا، نیریۆس و
خوشکەکەی و ئۆلەمپاس و هەموو ئەو خەڵکە
پیرۆزەی خودا کە لەگەڵیانن.
١٦بە ماچی پیرۆز سڵاو لە یەکتری بکەن.
هەموو کڵێساکانی مەسیح سڵاوتان لێدەکەن.

١٧ئەی خوشك و برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، ئاگاتان
لەوانە بێت کە ناکۆکی و کۆسپ دەنێنەوە، بە
پێچەوانەی ئەو فێرکردنەی فێری بوون. لێیان دوور
بکەونەوە. ١٨ئەو کەسانەی بەم شێوەیەن خزمەتی
مەسیحی گەورەمان ناکەن، بەڵکو خزمەتی سکی
خۆیان دەکەن، بە قسەی خۆش و زمانلووسی دڵی
ساکارەکان هەڵدەخەڵەتێنن. ١٩هەروەها هەواڵی
ملکەچیتان بۆ خودا بە هەمووان گەیشتووە، بۆیە
پێتان دڵخۆشم، بەڵام دەمەوێت لە چاکە دانا بن و لە
خراپە بێبەری بن.
٢٠خودای ئاشتی بەم زووانە شەیتان لەژێر
پێتان پان دەکاتەوە. با نیعمەتی عیسای گەورەمان
لەگەڵتان بێت.
٢١تیمۆساوسی هاوکارم سڵاوتان لێدەکات،
هەروەها لوکیۆس و یاسون و سۆسیپاتەری خزمانم.
٢٢من، تەرتیۆس، نووسەری ئەم نامەیەم، بە ناوی
عیسای خاوەن شکۆوە سڵاوتان لێدەکەم.

[23]گایۆس کە خانەخوێی من و هەموو کڵێسایە سڵاوتان لێدەکات.

ئەراستۆسی خەزنەداری شار و کوارتۆسی برا سڵاوتان لێدەکەن. [ [24]با نیعمەتی عیسای مەسیحی گەورەمان لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.]

**ستایشی خودا**

[25]شکۆمەندی بۆ ئەو خودایەی کە توانای هەیە بتانچەسپێنێت بەگوێرەی مزگێنییەکەم و جاڕدانی عیسای مەسیح، بەگوێرەی ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەی لە کاتە ئەزەلییەکانەوە بە شاراوەیی مابووەوە، [26]بەڵام ئێستا لە ڕێگەی نووسراوی پێغەمبەرانەوە، بەگوێرەی ڕاسپاردەی خودای هەمیشەیی، ئاشکرا و زانراو بووە تاکو هەموو نەتەوەکان باوەڕ بە خودا بهێنن و گوێڕایەڵی بن، [27]هەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ تاقە خودای دانا، بە هۆی عیسای مەسیحەوە! ئامین.

# یەکەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای کۆرنسۆس

## کورتە باسێك

کۆرنسۆس شارێکی گەورەی بازرگانی و گەورەترین شاری ویلایەتی ئەخایا بوو. دوازدە پەرستگای ئایینی لێبووە، یەکێك لە پەرستگاکانی بە ناوی ئەفرۆدیتی کاهینە ئافرەتەکانی وەك ئەرکی ئایینیان کاری داوێنپیسییان لەگەڵ میوانانی پەرستگاکە دەکرد. ئەمەش وای کردبوو کۆمەڵگا پڕ بێت لە بەڕەڵایی و خراپەکاری. پۆڵس لە دووەم گەشتیدا کڵێسای لێ دامەزراند (کردار ١٨)، کە زۆربەیان لە نەتەوەکانی جگە لە جولەکە بوونە.

لەدوای دوورکەوتنەوەی پۆڵس لە کۆرنسۆس گوناهی جۆراوجۆر هاتبووە ناو کڵێسا و هەندێك لە ئەندامانی کڵێسا وایان لێهاتبوو خۆیان لەگەڵ خراپەکانی کۆمەڵگاکەدا دەگونجاند. لەلایەکی دیکەوە باوەڕدارانی ئەوێ کۆمەڵێك پرسیاریان بۆ پۆڵس ناردبوو. بۆیە لە دەوروبەری ساڵی (٥٥ ز.) لە سەروبەندی کۆتایی سێ ساڵەی خزمەتەکەی، لە ئەفەسۆسەوە ئەو نامەیەی ئاراستەی کڵێساکە کردووە. فێریان دەکات چۆن لە کۆمەڵگایەکی گەندەڵ و پڕ لە گوناهدا بژین. هەروەها تێیگەیاندن چۆن مژدەی مەسیح وەڵامی پرسیارەکانیان دەداتەوە و چارەسەری بنەبڕی کێشەکان دەکات.

لەدوای پێشەکییەکی کورت دێتە سەر یەکێتی و یەك هەڵوێستی باوەڕداران لە سایەی مەسیحی لەخاچدراو و دەڵێ: «هەمووتان یەك هەڵوێست بن، دووبەرەکی لەنێوانتاندا نەبێت، بەڵکو لە یەك بیر و هۆشدا یەکگرتوو بن.» (١٠:١). ئینجا دێتە سەر باسی داوێنپیسی لەلایەن هەندێك ئەندامی کڵێساوە کە ئەمە کێشەیەکی بەربڵاو بووە لە کۆرنسۆس (بڕوانە ١:٥). دواتریش باسی ژنهێنان و خواردن و ئینجا باسی شێوی مەسیح و بەکارهێنانی بەهرەی ڕۆحی دەکات، هەروەها دژایەتی فێرکردنی هەڵە دەکات، سەبارەت بە هەستانەوەی دوای مردن. لە کۆتاییشدا باسی ڕێکخستنی بەخشین دەکات بۆ کڵێسای ئۆرشەلیم.

١ لە پۆڵس، بانگکراو لەسەر خواستی خودا، تاکو
ببێت بە نێردراوی عیسای مەسیح، هەروەها
لە سۆستانیسی برامانەوە،
[٢]بۆ کڵێسای خودا لە شاری کۆرنسۆس، ئەوانەی
عیسای مەسیح پیرۆزی کردوون، بانگکراون
بۆ پیرۆزبوون لەگەڵ ئەوانەی لە هەموو
شوێنێکدا بە ناوی عیسای مەسیحی گەورەمان
نزا دەکەن، گەورەی ئێمە و ئەوانیشە:
[٣]با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.
[٤]سەبارەت بە ئێوە هەمیشە سوپاسی خودام
دەکەم، بۆ ئەو نیعمەتەی خودا کە بەهۆی عیسای
مەسیحەوە پێتان دراوە. [٥]بەهۆی ئەوەوە لە هەموو
بوارێکەوە دەوڵەمەند بوون، لە هەموو وتە و
زانینێك. [٦]خودا بەو شێوەیە شایەتی ئێمە بۆ مەسیح
لە ئێوەدا دەچەسپێنێت. [٧]بۆیە لە هیچ بەهرەیەك
کەموکوڕیتان نییە، هەروەها بە پەرۆشەوە
چاوەڕوانی دەرکەوتنی عیسای مەسیحی گەورەمان
بن. [٨]ئەوەی هەتا کۆتایی دەتانچەسپێنێت، تاکو لە
ڕۆژی عیسای مەسیحی گەورەماندا بێ گلەیی بن.
[٩]خودا بەوەفایە، ئەوەی بانگی کردن بۆ پێکەوە ژیان
لەگەڵ کوڕەکەی، عیسای مەسیحی گەورەمان.

### ناکۆکی نێوان باوەڕداران

[١٠]ئەی خوشکان و برایان، بە ناوی عیسای
مەسیحی گەورەمان لێتان دەپاڕێمەوە کە هەمووتان
یەك هەڵوێست بن، دووبەرەکی لەنێوانتاندا نەبێت،
بەڵکو هەمووتان یەك بیر و ڕاتان هەبێت. [١١]ئەی
برایانم، چونکە ماڵی خلۆیی هەواڵیان دامێ ناکۆکی
لەنێوانتاندا هەیە. [١٢]مەبەستم ئەمەیە: یەکێکتان
دەڵێت: «من هی پۆڵسم»، یەکێکی دیکە: «من هی

---

٣ [a] خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خوداییە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

ئەپۆلۆسم»، یان «من هی پەترۆسم[a]»، یان «من هی مەسیحم.»
[١٣]ئایا مەسیح بەشکراوە؟ یان پۆڵس لە پێناوتاندا لە خاچ دراوە؟ یان بە ناوی پۆڵس لە ئاو هەڵکێشران؟ [١٤]سوپاس بۆ خودا کەستانم لە ئاو هەڵنەکێشا، کریسپۆس و گایۆس نەبێت، [١٥]نەوەک یەکێک بڵێت بە ناوی منەوە لە ئاو هەڵکێشراوە. [١٦]هەروەها ستیفاناس و خاووخێزانەکەیم لە ئاو هەڵکێشاوە، جگە لەمانە نازانم کەسی دیکەم لە ئاو هەڵکێشابێت، [١٧]چونکە مەسیح نەیناردووم بۆ لەئاوهەڵکێشان، بەڵکو بۆ مزگێنیدان، ئەمەش نەک بە دانایی و قسەی زیرەکانە، نەوەک هێزی خاچی مەسیح پووچەڵ بێتەوە.

## مەسیح دانایی و توانای خودایە

[١٨]پەیامی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە. [١٩]لەبەر ئەوەی نووسراوە:

﴿دانایی داناکان لەناودەبەم،
تێگەیشتنی تێگەیشتووان بەلاوە دەنێم.﴾[b]

[٢٠]کوا دانا؟ کوا مامۆستای تەورات؟ کوا کەسی بە دەموزاری ئەم دنیایە؟ ئایا خودا دانایی ئەم جیهانەی نەکردووەتە گێلایەتی؟ [٢١]خودا بە دانایی خۆی، مەبەستی بوو کە خەڵک بیناسێت، نەک لە ڕێگەی دانایی جیهانەوە، بەڵکو خودا ویستی لە ڕێگەی مزگێنییەوە باوەڕداران ڕزگار بکات، ئەو مزگێنییەی خەڵکانێک بە گێلایەتی دەزانن. [٢٢]جولەکە داوای نیشانە دەکەن و یۆنانی هەوڵی دانایی دەدەن، [٢٣]بەڵام ئێمە مەسیحی لەخاچدراو جاڕدەدەین، بۆ جولەکە کۆسپە و بۆ نەتەوەکان گێلایەتییە، [٢٤]بەڵام بۆ بانگکراوان، جولەکە و ناجولەکە، مەسیح هێزی خودا و دانایی خودایە، [٢٥]چونکە گێلایەتی خودا لە مرۆڤ داناترە، لاوازی خودا لە مرۆڤ بەهێزترە.

[a] ١٢ یۆنانی: کێفاس.
[b] ١٩ ئیشایا ١٤:٢٩.

[٢٦]ئەی خوشک و برایان، بیربکەنەوە چۆن بوون کاتێک خودا بانگی کردن. بەپێی پێوانە مرۆییەکان کەمتان دانا بوون، هەروەها کەم کەستان توانادار و لە بنەماڵەی ناودار بوون. [٢٧]بەڵام خودا ئەوەی هەڵبژارد کە بەلای جیهانەوە گێلن، تاکو داناکان شەرمەزار بن، لاوازەکانی هەڵبژارد تاکو بەهێزەکان شەرمەزار بن. [٢٨]خودا پایەنزمەکانی جیهان و ڕق لێبووەوە و ئەوانەی هەڵبژارد کە هیچ نەبوون، تاکو ئەوانە لەناوببات کە خۆیان بە شت دەزانن، [٢٩]تاکو هیچ مرۆڤێک[c] لەبەردەم خودا شانازی نەکات. [٣٠]بەڵام ئێوە بەهۆی خوداوە باوەڕتان بە عیسای مەسیح هێنا، ئەوەی خودا بۆ ئێمەی کرد بە دانایی و ڕاستودروستی، پیرۆزکردن و کڕینەوە.[d] [٣١]تاکو وەک ئەوەی نووسراوە: ﴿ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە یەزدانەوە بکات.﴾[e]

## مژدەی مەسیحی لەخاچدراو

٢ ئەی خوشک و برایان، منیش کاتێک هاتمە لاتان، بە قسەی گەورە یان دانایی نەهاتم شایەتی[f] خودا ڕابگەیەنم، [٢]چونکە بڕیارم دا لەنێوتاندا هەموو شتێک لەبیر بکەم، بێجگە لە عیسای مەسیح، ئەویش بە لە خاچ دراوی. [٣]منیش بە لاوازی و ترس و لەرزێکی زۆرەوە لەلاتان بووم. [٤]کاتێک مزگێنی و وتارم پێدەدان، قسەی داناییانە و قایلکردنم بەکارنەدەهێنا، بەڵکو پشتم بە بەڵگەی هێزی ڕۆحی پیرۆز دەبەست، [٥]تاکو باوەڕتان بە دانایی مرۆڤ نەبێت، بەڵکو باوەڕتان بە هێزی خودا هەبێت.

## دانایی خودا

[٦]ئێمە لەنێو پێگەیشتوواندا بە دانایی دەدوێین، بەڵام داناییەک نە لەم دنیایەوەیە و نە لە

[c] ٢٩ یۆنانی: جەستەیەک.
[d] ٣٠ واتە مەسیح ئێمەی لە مردن کڕییەوە.
[e] ٣١ یەرمیا ٢٤:٩.
[f] ١ یۆنانی: نهێنی.

دەسەڵاتدارانی ئەم دنیایەوەیە، کە لەناودەچن.
٧بەڵکو باسی دانایی خودا دەکەین کە نهێنییە،
شاراوە بوو، ئەوەی خودا لە ئەزەلەوە بۆ شکۆی
ئێمەی داناوە. ٨هیچ کام لە دەسەڵاتدارانی ئەم
دنیایە تێنەگەیشتن، چونکە ئەگەر تێبگەیشتنایە،
مەسیحی خاوەن شکۆیان لە خاچ نەدەدا. ٩بەڵکو
وەك نووسراوە:

﴿ئەوەی هیچ چاوێك نەیبینیوە،
هیچ گوێیەك نەیبیستووە و
بە بیری مرۆڤدا نەهاتووە،
ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی
خۆشیان دەوێت.﴾[a]

١٠بەڵام خودا بەهۆی ڕۆحی خۆی بۆی ئاشکرا کردین.
ڕۆحی پیرۆز لە هەموو شتێك دەکۆڵێتەوە،
تەنانەت لە قووڵایی ناخی خوداش دەکۆڵێتەوە. ١١چ
مرۆڤێك دەزانێت مرۆڤ چی تێدایە، جگە لە ڕۆحی
مرۆڤ کە لەناویدایە؟ بەم شێوەیە کەس نازانێت
خودا چی تێدایە ڕۆحی خودا نەبێت. ١٢ئێمەش
ڕۆحی جیهانمان وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەو ڕۆحەی
لە خوداوەیە، تاکو لەو شتانە تێبگەین کە خودا
بەخۆڕایی پێی بەخشیوین. ١٣ئەوەی باسی دەکەین
لە دانایی مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لە فێرکردنی
ڕۆحەوە هاتووە، بەم شێوەیە فێرکردنی ڕۆحی بۆ
کەسانی ڕۆحانی لێکدەدرێتەوە. ١٤بەڵام کەسی
سروشتی ئەوەی هی ڕۆحی خودایە وەریناگرێت،
چونکە لەلای ئەو گێلایەتییە و ناتوانێت بیانزانێت،
چونکە بە ڕۆح جیا دەکرێنەوە. ١٥کەسی ڕۆحانی
هەموو شتێك هەڵدەسەنگێنێت، کەچی کەس
ناتوانێت ئەو هەڵبسەنگێنێت.

١٦ ﴿کێ بیری یەزدانی زانی،
کێ فێری دەکات؟﴾[b]

بەڵام ئێمە بیری مەسیحمان هەیە.

[a] ٩ ئیشایا ٦٤:٤.
[b] ١٦ ئیشایا ٤٠:١٣.

## دووبەرەکی لە کڵێسا

٣ خوشکان، برایان، کاتێك من قسەم لەگەڵ
کردن، نەمتوانی ئێوە وەك ئەوانە دابنێم کە
بە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز دەژین، بەڵکو وەك ئەوانەی
کە هێشتا دنیایین[c]، هەروەك منداڵی ساوا بن لە
خانەوادەی مەسیحدا. ٢شیرم پێداون نەك خواردن،
چونکە هێشتا تواناتان نەبوو، ئێستاش تواناتان
نییە. ٣ئێوە هێشتا دنیایین. کە ئیرەیی و ناکۆکی
لەنێوانتاندا هەبێت، ئایا دنیایی نین و تەنها وەك
مرۆڤ ناژین؟ ٤چونکە کاتێك یەکێك دەڵێت: «من
هی پۆڵسم»، ئەوی دیکە: «من هی ئەپۆلۆسم»، ئایا
وەك خەڵکی دیکە نین؟

٥ئەپۆلۆس چییە؟ پۆڵس چییە؟ تەنها خزمەتکارن
کە لە ڕێگەی ئەوانەوە باوەڕتان هێناوە، هەروەك
چۆن مەسیحی خاوەن شکۆ بە هەر یەکێکی داوە.
٦من چاندم و ئەپۆلۆس ئاوی دا، بەڵام خودا بوو
گەشەی پێکرد. ٧ئیتر نە تۆوچێن گرنگە و نە ئاودێر،
بەڵکو تەنها خودا گرنگە کە گەشەی پێ دەکات.
٨تۆوچێن و ئاودێر یەکن، هەریەکە بەگوێرەی
ماندووبوونی خۆی کرێی خۆی وەردەگرێت. ٩جا
ئێمە هاوکاری خوداین، ئێوەش کێڵگەی خودا و
خانووی خودان.

١٠بەگوێرەی ئەو نیعمەتەی خودا پێیداوم، وەك
ئەندازیارێکی دانا بناغەم داڕشت و یەکێکی دیکە
لەسەری بنیاد دەنێت. بەڵام با هەریەکە ئاگاداربێت
چۆن لەسەری بنیاد دەنێت. ١١کەس ناتوانێت
بناغەیەکی دیکە دابنێت لە پاڵ ئەوەی دانراوە، کە
عیسای مەسیحە. ١٢بەڵام ئەگەر یەکێك لەسەر ئەو
بناغەیە زێڕ، زیو، بەردی گرانبەها، دار، پووش یان
کا، بنیاد بنێت، ١٣کاری هەر یەکێك دەردەکەوێت،
چونکە ڕۆژی لێپرسینەوە ئاشکرای دەکات، لەبەر
ئەوەی بە ئاگر ئاشکرا دەکرێت و ئاگر چۆنیەتی
کاری هەرکەسێك دەردەخات. ١٤ئەگەر کاری یەکێك
بمێنێتەوە کە لەسەری بنیادی ناوە، ئەوا پاداشت

[c] ١ مرۆڤێك بەگوێرەی ئارەزووەکانی جەستە بژییەت.

وەردەگرێت. [15]ئەگەر کاری یەکێك سووتا ئەوا زیانی
پێ دەگات، خۆی ڕزگاری دەبێت، بەڵام وەك یەکێك
لەناو ئاگر هەڵات.
[١٦]ئایا نازانن ئێوە پەرستگای خودان و ڕۆحی
خوداتان تێدا نیشتەجێیە؟ [١٧]ئەگەر یەکێك پەرستگای
خودا وێران بکات، خودا وێرانی دەکات، چونکە
پەرستگای خودا پیرۆزە، ئێوە ئەو پەرستگایەن.
[١٨]با کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت. ئەگەر یەکێك
لەنێوتان خۆی بە دانای ئەم دنیایە دەزانێت، با ببێتە
گێل تاکو بەڕاستی ببێتە دانا. [١٩]دانایی ئەم جیهانە
لەلای خودا گێلایەتییە، لەبەر ئەوەی نووسراوە:
﴿ئەوەی داناکان بە فێڵبازی خۆیانەوە دەگرێت.﴾[a]
[٢٠]هەروەها: ﴿یەزدان بیرکردنەوەی داناکان دەزانێت
کە پووچە.﴾[b] [٢١]کەواتە، با کەس شانازی بە مرۆڤ
نەکات! چونکە هەموو شتێك هی ئێوەیە، [٢٢]پۆڵس
یان ئەپۆلۆس یاخود پەترۆس[c]، جیهان یان ژیان
یانیش مردن، شتەکانی ئێستا یاخود داهاتوو،
هەموو شتێك هی ئێوەیە، [٢٣]ئێوەش هی مەسیحن،
مەسیحیش هی خودایە.

## نێردراوانی مەسیح

٤ بەم شێوەیە با خەڵك بە خزمەتکاری مەسیح
و سەرکاری نهێنییەکانی خودامان دابنێن.
[٢]جا ئەوەی لە سەرکاران داوا دەکرێت ئەوەیە
کە متمانەیی بسەلمێنن. [٣]بەلامەوە گرنگ نییە
ئەگەر ئێوە یان هەر دادگایەکی مرۆڤانە حوکمم
بدات، بەڵام من حوکم بەسەر خۆمدا نادەم. [٤]هیچ
کەموکوڕییەك لە خۆمدا نابینم، بەڵام بەمە بێتاوان
نەبووم، بەڵکو مەسیحی خاوەن شکۆیە لێپێچینەوەم
لەگەڵ دەکات. [٥]کەواتە پێشوەخت حوکم بەسەر
هیچ شتێکدا مەدەن، هەتا مەسیحی خاوەن شکۆ
دێتەوە. ئەو لە داهاتوودا ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو
شتانەی کە ئێستا لە تاریکیدا شاردراوەتەوە و نیازی
دڵ دەردەخات. ئەوسا هەر یەکێك لەلایەن خوداوە
ستایش دەکرێت.
[٦]خوشکان، برایان، ئێستا لە پێناوی ئێوەدا خۆم و
ئەپۆلۆسم لەم شتانەدا کردە نموونە، تاکو لە ئێمەوە
فێربن: «زێدەڕۆیی مەکەن لەوانەی نووسراون.»
ئینجا کەس خۆی بە یەکێك هەڵنەکێشێت لەسەر
ئەوی دیکە. [٧]کێ تۆ جیا دەکاتەوە؟ چیت هەیە
وەرتنەگرتبێت؟ ئەگەر وەرتگرتووە، بۆ شانازی
دەکەیت وەك وەرتنەگرتبێت؟
[٨]وا تێربوون! وا دەوڵەمەند بوون! بەبێ ئێمە
بوونە پاشا![d] خۆزگە ئێوە بەڕاستی پاشا بوونایە ئەوسا
لەگەڵتان بەشداری حوکمڕانیمان دەکرد! [٩]چونکە
وا بزانم خودا ئێمەی نێردراوی لە دواوەی کەژاوە[e]
دەرخست، وەك ئەوەی حوکمی مردنمان بۆ درابێت،
چونکە بووینە نمایشی جیهان و فریشتە و خەڵك.
[١٠]لە پێناوی مەسیحدا ئێمە بە گێل سەیر دەکرێین،
بەڵام ئێوە بەهۆی مەسیحەوە بە ژیر سەیر دەکرێن!
ئێمە لاوازین و ئێوە بەهێزن! ئێوە شکۆدارن و ئێمە
سووکین! [١١]هەتا ئێستا برسی و تینوو و ڕووتین،
لێدان و بێ لانەیی دەچێژین. [١٢]بە دەستی خۆمان
ئیش دەکەین و ماندوو دەبین. جنێومان پێدەدرێت
و داوای بەرەکەت دەکەین، دەچەوسێنرێینەوە و
بەرگە دەگرین. [١٣]بوختانمان بۆ هەڵدەبەستن و
نەرمی دەنوێنین. هەتا ئێستا وەك زبڵی جیهان و
پاشماوەی هەموو شتێکمان لێ هاتووە.
[١٤]ئەمانە نانووسم تاکو شەرمەزارتان بکەم، بەڵکو
وەك ڕۆڵە خۆشەویستەکانم ئاگادارتان دەکەمەوە.
[15]تەنانەت ئەگەر دە هەزار کەس لەنێو باوەڕداران
سەرپەرشتیارتان بن، بەڵام چەندین باوکتان نییە،
چونکە لە ڕێگەی پەیامی ئینجیلەوە بووم بە باوکتان،
لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە عیسای مەسیح
کردی. [١٦]جا تکاتان لێ دەکەم، لاسایی من بکەنەوە.
[١٧]لەبەر ئەم هۆیە تیمۆساوسم بۆ ناردن، کە کوڕی

[a] ١٩ ئەیوب ١٣:٥.
[b] ٢٠ زەبوورەکان ٩٤:١١.
[c] ٢٢ یۆنانی: کێفاس.
[d] ٨ لێرەدا نووسەر بە گاڵتەکردنەوە قسە دەکات.
[e] ٩ کەژاوەی گەڕانەوەی لەشکری سەرکەوتوو و دیلەکانیش لە دواوەن.

خۆشەویستمە لە باوەڕ و دڵسۆزە بۆ یەزدان.
تیمۆساوس ئەو ڕێگایەی کە من پەیڕەوی دەکەم
بەهۆی عیسای مەسیحەوە، بەبیری ئێوە دەهێنێتەوە
وەك ئەوەی کە من لە هەر شوێنێك و لە هەر
کڵێسایەك خەڵکی فێردەکەم.

[١٨]هەندێك کەس لووتبەرز بوون، بە گومانی
ئەوەی من نایەم بۆ لاتان [١٩]بەڵام ئەگەر عیسای
خاوەن شکۆ خواستی لەسەر بێت بە پەلە دێمە
لاتان، ئەوسا نەك قسەکانی ئەو لووتبەرزانە دەزانم
بەڵکو تواناشیان، [٢٠]چونکە پاشایەتی خودا بە قسە
نییە، بەڵکو بە هێزە. [٢١]چیتان دەوێ؟ بە دار بێمە
لاتان یاخود بە خۆشەویستی و ڕۆحی دڵنەرمی؟

## حوکمدان بەسەر داوێنپیس

٥ لە ڕاستیدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە داوێنپیسی
لەنێو ئێوەدا هەیە، جۆرە داوێنپیسییەك کە
لەنێو بتپەرستەکانیشدا نییە: پیاو لەگەڵ باوەژنی
دەژیێت![a] [٢]ئێوەش لووتبەرزن! باشتر نەبوو ماتەمدار
بن، ئەو کەسەش کە ئەم کارەی کردووە لە خۆتانی
دووربخەنەوە؟ [٣]هەرچەندە بە جەستە لەلاتان نیم،
بەڵام بە ڕۆح ئامادەم، وا ئەو کەسەم حوکم داوە کە
ئەمەی کردووە، وەك ئەوەی لەوێ ئامادەبووبم: [٤]بە
ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێوە و ڕۆحی
من لەگەڵ هێزی مەسیح کۆدەبنەوە، [٥]ئەم کەسە
دەبێت بدرێتە دەست شەیتان[b] تاکو سروشتی
دنیایی بفەوتێنێت، بۆ ئەوەی ڕۆحەکەی لە ڕۆژی
یەزداندا ڕزگاری بێت.

[٦]شانازیکردنتان باش نییە. ئایا نازانن هەویرترشێکی
بچووك هەموو هەویرەکە هەڵدێنێت؟ [٧]خۆتان لە
هەویرترشی کۆن پاك بکەنەوە، تاکو ببنە هەویرێکی
نوێ وەك ئێوە فەتیرەن، چونکە مەسیحی بەرخی
پەسخەمان سەربڕدرا. [٨]کەواتە با جەژن بگێڕین، نەك
بە هەویرترشی بەسەرچوو کە هەویرترشی کینە و
خراپەیە، بەڵکو بە فەتیرەی بێ دووڕوویی و ڕاستی.

[٩]من پێشتر لە نامەکەی دیکەم بۆم نووسین
تێکەڵ بە داوێنپیسان مەبن، [١٠]مەبەستم لە داوێنپیس
و چاوچنۆك و تاڵانکەر و بتپەرستانی ئەم جیهانە
نییە، ئەگینا ناچار دەبوون لەم جیهانە بچنە دەرەوە.
[١١]بەڵام ئێستا بۆتان دەنووسم تێکەڵی یەکێك مەبن
بە خوشك یان برا ناودەبردرێت و داوێنپیسە یان
چاوچنۆکە یاخود بتپەرستە و بوختانکەرە یان
سەرخۆشە و تاڵانکەرە. نانیش لەگەڵ کەسی ئاوا
مەخۆن.

[١٢]بە من چی ئەو بێباوەڕانەی دەرەوەی کڵێسا
حوکم بدەم؟ ئایا ئێوە ئەوانەی ناوەوەی کڵێسا حوکم
نادەن؟ [١٣]ئەوانەی دەرەوەی کڵێسا خودا حوکمیان
دەدات. ﴿خراپەکار لەنێو خۆتان دووربخەنەوە.﴾[c]

## سکاڵای نێوان باوەڕداران

٦ کە یەکێکتان سکاڵایەکی لە یەکێکی دیکە
هەبوو، چۆن دەوێرێ کێشەکەی بباتە لای
بێباوەڕان بۆ ئەوەی ئەوان حوکمی بۆ بدەن و لای
گەلی پیرۆزی خودا نەبێت؟ [٢]ئایا نازانن گەلی خودا
جیهان حوکم دەدەن؟ ئەگەر ئێوە حوکم بەسەر
جیهاندا بدەن، ئایا شایستە نین حوکم بەسەر
بچووکترین شتدا بدەن؟ [٣]ئایا نازانن ئێمە حوکم
بەسەر فریشتەکاندا دەدەین؟ چەندە زیاتر حوکم
بەسەر شتەکانی ئەم ژیانە دەدەین؟ [٤]جا ئەگەر لە
ژیانی ڕۆژانەدا کێشەتان هەبێت، ئایا دەیبەنە لای
دادوەری بێباوەڕ کە کڵێسا پەسەندیان ناکەن؟ [٥]تاکو
شەرم بکەن ئاوا دەڵێم. ئایا یەکێکی داناتان تێدا نییە
بتوانێت دادوەری لەنێو برایانی بکات؟ [٦]بەڵام برا
برای خۆی بۆ دادگا دەبات، لەبەردەم بێباوەڕان ئەمە
دەکات!

[٧]لە ڕاستیدا شورەییە بۆتان لەنێوتاندا سکاڵا لە
یەکتر بکەن. باشتر نەبوو زۆرلێکراو بن؟ باشتر نەبوو

---

[a] ١ ژیان و پەیوەندی ژن و مێردانە.

[b] ٥ بدرێتە دەست شەیتان: واتە لە کڵێسا دەربکرێت بۆ ئەوەی تۆبە بکات.

[c] ١٣ دواوتار ٧:١٧؛ ١٩:١٩؛ ٢١:٢١.

فێڵلێکراو بن؟ ٨بەڵام ئێوە زۆرداری و فێڵ دەکەن، تەنانەت لە خوشك و برایانیشتان!

٩ئایا نازانن کە زۆردار نابنە میراتگری شانشینی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن. نە بەڕەڵا و نە بتپەرست، نە داوێنپیس و نە هاوڕەگەزباز، ١٠نە دز و نە چاوچنۆك، نە سەرخۆش و نە جنێوفرۆش و نە تاڵانکەر، نابنە میراتگری شانشینی خودا. ١١جا هەندێکتان بەم شێوەیە بوون. بەڵام شۆرانەوە و پیرۆزکران و بێتاوان کراون بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و ڕۆحی خودامان.

## بە جەستە ستایشی خودا بکەن

١٢«هەموو شتێك بۆ من دروستە،[a]» بەڵام هەموو شتێك سوودبەخش نییە. «هەموو شتێك بۆ من دروستە،» بەڵام هیچ شتێك بەسەرمدا زاڵ نابێت. ١٣«خواردن بۆ ورگە و ورگیش بۆ خواردن،» کەچی خودا هەردووکیان لەناودەبات. بەڵام جەستە بۆ داوێنپیسی نییە، بەڵکو بۆ مەسیحی خاوەن شکۆیە، مەسیحیش بۆ جەستەیە. ١٤خوداش مەسیحی خاوەن شکۆی هەستاندەوە و بە هێزی خۆی ئێمەش هەڵدەستێنێتەوە. ١٥ئایا نازانن لەشتان ئەندامی جەستەی مەسیحە؟ ئایا ئەندامی جەستەی مەسیح بکەمە ئەندامی لەشفرۆشێك؟ نەخێر! ١٦یاخود نازانن ئەوەی خۆی بە لەشفرۆشێکەوە نووساندووە، لەگەڵی بووەتە یەك جەستە؟ چونکە دەفەرموێ: ﴿هەردووکیان دەبنە یەك جەستە.﴾[b] ١٧بەڵام ئەوەی لەگەڵ عیسای خاوەن شکۆ یەکبگرێت، لەگەڵی دەبێ بە یەك ڕۆح.

١٨لە داوێنپیسی ڕابکەن. هەر گوناهێك مرۆڤ بیکات، لە دەرەوەی جەستەیە، بەڵام ئەوەی داوێنپیسی دەکات ئەوا لە دژی جەستەی خۆی گوناه دەکات. ١٩یاخود نازانن کە لەشتان پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە کە لە ئێوەدایە و لەلایەن خوداوەیە هەتانە؟ ئێوەش هی خۆتان نین، ٢٠چونکە ئێوە بە نرخێك کڕاون. جا بە لەشتان ستایشی خودا بکەن.

## هاوسەرگیری

٧ سەبارەت بەو شتانەی کە بۆ منتان نووسیوە: باشە بۆ پیاو ژن نەهێنێت[c]. ٢بەڵام لەبەر داوێنپیسی، با هەر پیاوێك ژنی خۆی هەبێت و هەر ژنێك مێردی خۆی هەبێت. ٣مێرد لەسەریەتی ئەرکی سەرشانی بۆ ژنەکەی بەجێبگەیەنێت، هەروەها ژنیش بۆ مێرد. ٤ژن دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیدا نییە، بەڵکو هی مێردەکەیەتی. هەروەها مێردیش دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیدا نییە، بەڵکو هی ژنەکەیەتی. ٥خۆتان لە یەکتری بێبەش مەکەن، مەگەر بە ڕێککەوتن بۆ ماوەیەك تاکو بۆ نوێژکردن دەست بەتاڵ بن و دواتر بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی ژن و مێردایەتی، نەوەك بەهۆی بەسەرخۆدا زاڵنەبوونتانەوە شەیتان تاقیتان بکاتەوە. ٦بەڵام ئەمەی دەیڵێم، وەك ڕێگادانە نەك فەرمان. ٧هیوادارم هەموو خەڵك وەك من بن[d]، بەڵام هەریەکە لەلایەن خوداوە بەهرەی خۆی هەیە، هی یەکێك ئاوایە و ئەوەی دیکەش ئاوا.

٨بەڵام ئەوانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە و بێوەژنانیش، پێیان دەڵێم: بۆیان باشە ئەگەر وەك من[e] بمێننەوە. ٩بەڵام ئەگەر خۆیان ڕانەگرت، با هاوسەرگیری بکەن، چونکە هاوسەرگیری لە گڕگرتن باشترە.

١٠بەڵام بۆ هاوسەران، ڕایاندەسپێرم، من نیم بەڵکو مەسیحی باڵادەست ڕایاندەسپێرێت: با ژن لە مێردەکەی جیا نەبێتەوە، ١١بەڵام ئەگەر لێی جیا بووەوە، با بێ مێرد بمێنێتەوە یان مێردەکەی ئاشت بکاتەوە. مێردیش با ژنەکەی تەڵاق نەدات.

١٢ئەوانی دیکە من پێیان دەڵێم نەك مەسیحی باڵادەست: ئەگەر برایەك ژنێکی بێباوەڕی هەبوو،

[a] ١٢ دەربڕینێك بووە لەناو باوەڕداران بۆ پاساوی بەڕەڵایی بەکاردەهات.
[b] ١٦ پەیدابوون ٢٤:٢.
[c] ١ یۆنانی: دەست لە ژن نەدات.
[d] ٧ بێ هاوسەرگیری، بڕوانە ئایەتی ٨.
[e] ٨ پۆڵسی نووسەر ڕەبەن بووە.

ژنەش ڕازی بوو لەگەڵیدا بژییێت، با تەڵاقی نەدات. ١٣ئەگەر ژنێك مێردێکی بێباوەڕی هەبوو، مێردەکە ڕازی بوو لەگەڵیدا بژییێت، با ژنەکە لێی جیا نەبێتەوە، ١٤چونکە مێردە بێباوەڕەکە لە ژندا پیرۆزکراوە و ژنی بێباوەڕ لە پیاودا پیرۆزکراوە، ئەگینا منداڵتان گڵاوە، بەڵام ئێستا پیرۆزە.

١٥بەڵام ئەگەر بێباوەڕەکە خۆی جیا کردەوە، با جیا بێتەوە. لە باری ئاوادا براکە یان خوشکەکە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو خودا بۆ ئاشتی بانگی کردووین، ١٦چونکە ئەی ژن چۆن دەزانی ئاخۆ مێردەکەت ڕزگار دەکەیت؟ یان ئەی مێرد چۆن دەزانی ئاخۆ ژنەکەت ڕزگار دەکەیت؟

١٧لەگەڵ ئەوەشدا، با هەر یەکێك بەپێی ئەو بەشەی مەسیحی خاوەن شکۆ پێیداوە و بەو شێوەیەی کە خودا بانگی کردووە بژییێت، لە هەموو کڵێساکان ئاوا فەرمان دەدەم. ١٨ئەوەی بە خەتەنەکراوی بانگکراوە، با نەبێتەوە خەتەنە نەکراو. ئەوەش بە خەتەنە نەکراوی بانگکراوە، با خەتەنە نەکات. ١٩خەتەنەکردن هیچ نییە، خەتەنە نەکردنیش هیچ نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی خودا گرنگە. ٢٠با هەر یەکێك لەو بارودۆخەدا بمێنێتەوە کە تێیدا بووە کاتێك خودا بانگی کردووە. ٢١ئایا بە کۆیلەیی بانگکرایت؟ گوێی مەدەرێ. بەڵام ئەگەر توانیت ئازاد بیت، بیکە، ٢٢چونکە ئەوەی کۆیلە بووە کاتێك یەزدان بانگی کردووە ئەوە دەبێتە ئازادکراوی یەزدان. بە هەمان شێوە ئەوەشی کە ئازاد بووە، کاتێك بانگکراوە ئەوە دەبێتە کۆیلەی مەسیح. ٢٣ئێوە بە نرخێك کڕاون، مەبنە کۆیلەی خەڵك. ٢٤خوشکان، برایان، هەر یەکێك لە چیدا بانگکراوە، با لەگەڵ خودا لەمەدا بمێنێتەوە.

## ڕەبەن و بێوەژن

٢٥دەربارەی کچان و کوڕان، هیچ فەرمانێکم لە مەسیحی باڵادەستەوە نییە، بەڵام من بۆچوونی خۆمتان پێ دەڵێم وەك یەکێك یەزدان بەزەیی پێدا هاتبێتەوە کە جێی متمانە بێت. ٢٦وابزانم، لەبەر ئەم تەنگانەیەی ئێستا[a]، باشە بۆ مرۆڤ ئاوا بمێنێتەوە. ٢٧ئایا تۆ بە ژنەوە بەستراویتەوە؟ داوای جیابوونەوە مەکە. ئایا تۆ بە ژن نەبەستراویتەوە؟ داوای ژن مەکە. ٢٨بەڵام ئەگەر ژن بهێنیت گوناهت نەکردووە، ئەگەر پاکیزەش مێرد بکات گوناهی نەکردووە. بەڵام ئەوانە لەم ژیانە تووشی ماندووبوونی دەبن، جا من دەمەوێ تووشتان نەکەم.

٢٩خوشکان، برایان، ئەمە دەڵێم: کاتمان کەمە، لەمەودوا ئەوانەی ژنیان هەیە دەبێت بە جۆرێك بژین وەکو ئەوەی کە نەیانبێت، ٣٠ئەوانەی دەگریێن وەك نەگریێن، ئەوانەی شادن وەك شاد نەبن، ئەوانەی دەکڕن وەك موڵکیان نەبێت، ٣١ئەوانەی جیهان بەکاردەهێنن وەك هەر بەکارینەهێنن، چونکە وێنەی ئەم جیهانە ڕووەو نەمانە.

٣٢جا دەمەوێ ئێوە بێ خەم بن. ئەوەی ژنی نەهێناوە بایەخ بە کاروباری پەروەردگار دەدات، چۆن پەروەردگار ڕازی بکات. ٣٣بەڵام هاوسەردار بایەخ بە کاروباری جیهان دەدات، چۆن ژنەکەی ڕازی بکات؟ ٣٤ئەو کابرایە دڵی بەشکراوە. ژنی بێ مێرد و پاکیزە گرنگی بە کاروباری پەروەردگار دەدەن، چۆن دەتوانێت جەستە و ڕۆحی خۆی بۆ یەزدان تەرخان بکات. بەڵام شووکردوو بایەخ بە کاروباری جیهان دەدات، چۆن مێرد ڕازی بکات. ٣٥ئەمە بۆ چاکەتان دەڵێم، نەك تووشی کۆتێکتان بکەم، بەڵکو بۆ ڕێز و تەرخانکراوییە بۆ مەسیحی خاوەن شکۆ، بێ پەشێوی.

٣٦بەڵام ئەگەر کەسێك نیگەرانە لەوەی کە بە شێوەیەکی شیاو لەگەڵ دەستگیرانە پاکیزەکەی هەڵسوکەوت ناکات، ئەگەر حەز و ئارەزووی زۆر بوو و پێویست بوو هاوسەرگیری بکەن، چی حەز لێیە با ئەوە بکات، با هاوسەرگیری بکەن، گوناهی نەکردووە. ٣٧بەڵام ئەوەی لە دڵەوە بڕیاری دابێت و ناچار نەبێت، بەڵکو بەسەر خواستی خۆیدا زاڵ بێت، ئەو بڕیارەش کە لە دڵەوە داویەتی کە دەستگیرانە

[a] ٢٦ مەبەستی لە تەنگانەی گشتییە بۆ باوەڕداران لە ژیانی سەر زەوی.

پاکیزەکەی نەگوازێتەوە، ئەوا چاك دەکات. [٣٨]کەواتە، ئەوەی پاکیزەکەی بە مێرد دەدات، چاك دەکات، ئەوەش کە بە مێرد نادات، چاکتر دەکات.

[٣٩]ژن ئەوەندە بە مێردەوە دەبەسترێتەوە هەتا مێردەکەی زیندووە. بەڵام ئەگەر مێردەکەی مرد، ئەوا ئازادە شوو بە هەر پیاوێك بکات کە دەیەوێت، بە مەرجێك باوەڕی بە مەسیحی خاوەن شکۆ هەبێت. [٤٠]بەڵام بە بۆچوونی من، بەختەوەرترە ئەگەر ئاوا بمێنێتەوە، وا بزانم منیش ڕۆحی خودام هەیە.

## قوربانی بتەکان

٨ سەبارەت بە قوربانی بتەکان، دەزانین کە هەموومان زانیاریمان هەیە. زانیاری لووتبەرز دەکات، بەڵام خۆشەویستی بنیاد دەنێت. [٢]ئەگەر یەکێك وایزانی شتێك دەزانێت، ئەوا هێشتا نازانێ وەك پێویستە بزانێت. [٣]بەڵام ئەگەر یەکێك خودای خۆشبوێ، ئەوا لەلای ناسراوە.

[٤]جا سەبارەت بە خواردنی قوربانی بتەکان، دەزانین بت[a] لە جیهاندا نییە و هیچ خودایەك نییە جگە لە یەکێك. [٥]ئەگەر هەندێك هەبن پێیان بگوترێت «خودا» لە ئاسمان بێت یان لەسەر زەوی، هەروەك زۆر «خوداوەند» و زۆر «گەورە» هەیە، [٦]بەڵام بۆ ئێمە تەنها یەك خودا هەیە، ئەویش ئەو باوکەیە کە هەموو شتێك لەوەوەیە و ئێمەش بۆ ئەوین، هەروەها تەنها یەك گەورەش هەیە، عیسای مەسیحە، هەموو شتێك بەهۆی ئەوە و ئێمەش بەهۆی ئەوین.

[٧]بەڵام هەموو خەڵك ئەمە نازانن، چونکە هەندێکیان هەتا ئێستا خوویان بە بت گرتووە و ئەوەی دەیخۆن وەك بڵێی قوربانی بتە، ویژدانیان گڵاو دەبێت، چونکە لاوازە. [٨]بەڵام خواردن لە خودا نزیکمان ناکاتەوە، ئەگەر نەیخۆین کەم ناکەین و ئەگەر خواردیشمان زیاد ناکەین.

[٩]بەڵام وریابن سەربەستیتان نەبێتە کۆسپ بۆ لاوازەکان[b]. [١٠]ئەی خاوەن زانیاری، ئەگەر یەکێك تۆی بینی لە پەرستگای بت دەخۆیت، ئایا ویژدانەکەی کە لاوازە هاننادرێت تاکو لە قوربانی بتەکان بخوات؟ [١١]جا بەهۆی زانیاریت ئەو برایەی لاوازە، کە مەسیح لە پێناوی مرد، لەناودەچێت. [١٢]ئاواش گوناه لە دژی برایان دەکەن و ویژدانی لاوازیان بریندار دەکەن، گوناه لە دژی مەسیح دەکەن. [١٣]لەبەر ئەوە، ئەگەر خۆراك ببێتە هۆکاری کەوتنی براکەم، ئەوا هەرگیز گۆشت ناخۆم تاکو نەبم بە کۆسپ بۆ براکەم.

## سنووری سەربەستی

٩ ئایا سەربەست نیم؟ ئایا نێردراو نیم؟ ئایا عیسای گەورەمانم نەبینیوە؟ ئایا ئێوە بەهۆی یەزدانەوە ئەنجامی کاری من نین؟ [٢]ئەگەر هاتوو بۆ خەڵکی دیکە نێردراو نەبم، ئەوا بۆ ئێوە نێردراوم، چونکە یەکبوونتان لەگەڵ مەسیح بەڵگەیە کە من نێردراوم.

[٣]بۆ ئەوانەی دادوەریم دەکەن ئەمەیە بەرگریم: [٤]ئایا مافی خواردن و خواردنەوەمان نییە؟ [٥]ئایا مافمان نییە خانمێکی باوەڕدار بکەینە هاوسەر و هاوڕێمان لە گەشتەکانماندا، وەك نێردراوانی دیکە و براکانی مەسیح و پەترۆس[c]؟ [٦]یاخود تەنها من و بەرناباس ئەو مافەمان نییە، دەبێت هەر ئیش بکەین؟

[٧]کێ هەبووە بە خەرجی خۆی سەربازی کردبێت؟ کێ ڕەزێك دەچێنێت و لە بەروبوومەکەی ناخوات؟ یان کێ شوانایەتی مێگەلێك دەکات و لە شیرەکەی ناخوات؟ [٨]ئەم قسانە وەك مرۆڤ دەکەم؟ ئایا تەوراتیش ئەمانە ناڵێت؟ [٩]چونکە لە تەوراتی موسا نووسراوە: ﴿لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە.﴾[d] ئایا خودا بایەخ بە گا دەدات؟ [١٠]بێگومان لە پێناو ئێمە وای فەرمووە، مەگەر نە؟ بەڵێ، لە پێناوی ئێمەدا نووسراوە، چونکە ئەوەی دەکێڵێت پێویستە

[a] ٤ هیچ بتێك لە جیهاندا بوونێکی ڕاستەقینەی نییە.

[b] ٩ بڕوانە ٧:٨.

[c] ٥ یۆنانی: کێفاس.

[d] ٩ دواوتار ٤:٢٥.

بە هیواوە بكێڵێت، ئەوەی گێرە دەكات بەو هیوایە دەیكات كە بەشی لە بەرهەمەكەدا هەبێت. [١١]ئەگەر ئێمە شتی ڕۆحیمان بۆتان چاندووە، ئایا زۆرە ئەگەر شتی ماددی لە ئێوە بدروینەوە؟ [١٢]ئەگەر خەڵكی دیكە مافی پشتگیرییان[a] لەسەرتانە، ئایا ئێمە لەپێشتر نین؟

بەڵام ئەم مافەمان بەكارنەهێنا، بەڵكو بەرگەی هەموو شتێك دەگرین، نەوەك كۆسپ دابنێین بۆ مزگێنی مەسیح. [١٣]ئایا نازانن ئەوانەی خزمەتی پەرستگا دەكەن لە شتەكانی پەرستگا دەخۆن، ئەوانەی خزمەتی قوربانگاش دەكەن لە قوربانگادا بەشدارن؟ [١٤]بە هەمان شێوە مەسیحی خاوەن شكۆ فەرمانی داوە، ئەوانەی كە مزگێنی ڕادەگەیەنن گوزەرانیان لەسەر مزگێنییە.

[١٥]بەڵام شتێكم لەمە بەكارنەهێناوە. منیش ئەوانە نانووسم، تاكو بۆ من ئاوا بێت، چونكە مردنم باشترە لەوەی یەكێك شانازیم پووچەڵ بكاتەوە. [١٦]ئەگەر مزگێنی بدەم شانازیم نییە، لەبەر ئەوەی پێویستە و خراوەتە ئەستۆم. قوڕبەسەرم ئەگەر مزگێنی نەدەم! [١٧]چونكە ئەگەر خۆبەخش ئەوە بكەم، ئەوا پاداشت دەكرێم. بەڵام ئەگەر بە ناچاری بێت، ئەوا متمانەی بریكاریەتیم دراوەتێ. [١٨]ئیتر پاداشتم چییە؟ ئەوەیە كاتێك مزگێنی دەدەم، بەخۆڕایی مزگێنی بدەم و داوای مافی تەواوی خۆم وەكو مزگێنیدەر نەكەم.

[١٩]هەرچەندە سەبارەت بە هەمووان سەربەستم، بەڵام خۆم كردە كۆیلەی هەمووان تاكو زیاتریان لێ بەدەستبهێنم. [٢٠]بۆ جولەكە خۆم وەك جولەكە لێكرد، تاكو جولەكە ببەمەوە. بۆ ئەوانەی لەژێر شەریعەتن[b] وەك لەژێر شەریعەت، كە خۆم لەژێر شەریعەت نیم، تاكو ئەوانەی لەژێر شەریعەتن بیانبەمەوە. [٢١]بۆ ئەوانەی بێ شەریعەتن، وەك بێ شەریعەت بم، هەرچەندە بێ شەریعەتی خودا نیم، بەڵكو لەژێر شەریعەتی مەسیحدام، تاكو ئەوانەی بێ شەریعەتن بیانبەمەوە. [٢٢]بۆ لاوازان بوومە لاواز، تاكو لاوازەكان ببەمەوە. بۆ هەمووان بوومە هەموو شتێك، تاكو بە هەر شێوەیەك هەندێك ڕزگار بكەم. [٢٣]هەموو ئەمانە لە پێناوی پەیامی ئینجیلدا دەكەم، تاكو تێیدا بەشدار[c] بم.

[٢٤]ئایا نازانن هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپان ڕادەكەن، هەموو ڕادەكەن، بەڵام تەنها یەكێك خەڵات دەكرێت؟ كەواتە ڕابكەن تاوەكو خەڵاتەكە بەدەستبهێنن. [٢٥]هەر یەكێك ململانێ بكات لە هەموو شتێك خۆ ڕادەگرێت. ئەوانە تاكو تاجێكی لەناوچوو بەدەستبهێنن، بەڵام هی ئێمە لەناو نەچووە. [٢٦]كەواتە ڕادەكەم نەك وەكو یەكێك ئامانجی نەبێت، بۆكسێن دەكەم نەك وەك لە هەوا بدەم. [٢٧]بەڵكو لەگەڵ لەشم توند دەبم و دەیكەمە كۆیلە، نەوەك لەدوای ئەوەی بۆ خەڵكی دیكە جاڕم داوە، خۆم ڕەت بكرێمەوە.

## ئاگاداركردنەوەیەك

١٠ خوشكان، برایان، نامەوێ نەزانن كە باوباپیرانمان هەموو لەژێر هەوردا بوون و هەمووشیان دەریایان بڕی[d]. [٢]جا هەموویان لە هەور و لە دەریادا بۆ موسا لە ئاو هەڵكێشران[e]، [٣]هەمووشیان هەمان خواردنی ڕۆحییان خوارد. [٤]هەموویان هەمان خواردنەوەی ڕۆحییان خواردەوە، چونكە لەو تاشەبەردە ڕۆحییان دەخواردەوە كە دوایان كەوتبوو[f]، ئەو تاشەبەردەش مەسیح بوو. [٥]بەڵام خودا لە زۆربەیان ڕازی نەبوو، ئەوە بوو تەرمەكانیان لە بیابان پەرشوبڵاو بووەوە.

[٦]ئەم شتانەی ڕوویاندا پەندن بۆمان، تاكو ئارەزووی خراپە نەكەین، وەك ئەوان ئارەزوویان كرد.

[a] ١٢ مەبەستی پشتگیری ماددییە.
[b] ٢٠ شەریعەتی موسا.
[c] ٢٣ بەشداری لە بەرەكەتی ئینجیلی مەسیح.
[d] ١ كاتێك میسریان بەجێهێشت، بڕوانە دەرچوون ١٣:٢٠ هەتا ١٤:٣١.
[e] ٢ بڕوانە دەرچوون ١٤.
[f] ٤ لە دەرچوون ١٧ موسا لە تاشەبەردێكی دا و ئاوی لێ دەرچوو بۆ خواردنەوە، لە سەرژمێری ٢٠ هەمان شت ڕوویداوە. لە تێگەیشتنی جولەكەكان هەمان تاشەبەرد بووە.

[٧]بتپەرست مەبن وەك هەندێکیان، وەکو نووسراوە: ﴿گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان بۆ ڕابواردن هەستانەوە.﴾[a] [٨]با داوێنپیسی نەکەین وەك هەندێکیان داوێنپیسییان کرد و لە ڕۆژێکدا بیست و سێ هەزاریان کەوت. [٩]نابێت مەسیح تاقی بکەینەوە، وەك هەندێکیان تاقییان کردەوە و مار لەناوی بردن[b]. [١٠]بۆڵەبۆڵ مەکەن وەك هەندێکیان بۆڵەبۆڵیان کرد و لەناوبەر[c] لەناوی بردن.

[١١]جا ئەم شتانەیان وەك پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە لە کۆتایی زەمان دەژین. [١٢]کەواتە ئەوەی وادەزانێت ڕاوەستاوە، با وریابێت نەکەوێت. [١٣]هیچ تاقیکردنەوەیەکتان تووش نابێت کە هاوبەش نەبێت لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام خودا دڵسۆزە، کە نایەڵێت زیاتر لە توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوە ڕێگای دەرچوون دەکاتەوە، تاکو بتوانن بەرگە بگرن.

## لە بتپەرستی ڕابکەن

[١٤]بۆیە خۆشەویستانم، لە بتپەرستی ڕابکەن. [١٥]وەك بۆ هۆشیاران بێت دەدوێم، ئێوە حوکم بدەن لەوەی دەیڵێم: [١٦]ئایا ئەو جامەی سوپاسگوزاری لە پێناوی سوپاسی خودا دەکەین، بەشداری نییە لە خوێنی مەسیح؟ ئەو نانەی لەتی دەکەین، بەشداری نییە لە لەشی مەسیح؟ [١٧]لەبەر ئەوەی یەك نان هەیە، ئێمە کە زۆرین، یەك لەشین، چونکە هەموومان بەشداری لە یەك ناندا دەکەین.

[١٨]سەیری ئیسرائیل بکەن کە بەگوێرەی جەستەیە: ئایا ئەوانەی قوربانی دەخۆن لە قوربانگادا هاوبەش نین؟ [١٩]جا چی دەڵێم؟ ئایا ئەوەی بۆ بت سەربڕدراوە شتێکە، یان بتەکە شتێکە؟ [٢٠]نەخێر بەڵکو ئەوەی سەری دەبڕن، بۆ ڕۆحە پیسەکان سەری دەبڕن نەك بۆ خودا. جا نامەوێت لەگەڵ ڕۆحە پیسەکان هاوبەش بن. [٢١]ناتوانن جامی مەسیحی خاوەن شکۆ و جامی ڕۆحە پیسەکان بخۆنەوە. ناتوانن بەشداری خوانی خاوەن شکۆ و خوانی ڕۆحە پیسەکان بکەن. [٢٢]یاخود ئیرەیی[d] خاوەن شکۆ هەڵدەستێنین؟ ئایا ئێمە لەو بەهێزترین؟

## هەموو شتێك بۆ شکۆی خودایە

[٢٣]«هەموو شتێك بۆ من دروستە،» بەڵام هەموو شتێك سوودبەخش نییە. «هەموو شتێك بۆ من دروستە،» بەڵام هەموو شتێك بنیادنەر نییە. [٢٤]کەس بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا نەگەڕێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خەڵك هەوڵ بدەن. [٢٥]ئەو گۆشتەی لە بازاڕ دەفرۆشرێت بیخۆن، ئەوەندە لێی مەکۆڵنەوە، بەبێ لێپرسینەوەی ویژدان، [٢٦]چونکە ﴿زەوی و هەرچی تێدایە هی یەزدانە.﴾[e]

[٢٧]ئەگەر بێباوەڕێك داوەتتان بکات و ئێوەش ویستتان بچن، جا هەرچییەکتان لەپێش دانرا بیخۆن، بێ لێکۆڵینەوە، لەبەر ویژدان. [٢٨]بەڵام ئەگەر یەکێك پێی گوتن: «ئەمە کراوەتە قوربانی بت» مەیخۆن، لەبەر ئەوەی پێی گوتن و لەبەر ویژدان، [٢٩]دەڵێم ویژدان، هی تۆ نا، بەڵکو هی ئەوی دیکە. جا بۆچی سەربەستیم لەلایەن ویژدانێکی دیکەوە حوکم بدرێت؟ [٣٠]ئەگەر بە سوپاسکردنەوە بەشداری بکەم، ئیتر بۆچی تاوانبار دەکرێم لەسەر ئەوەی سوپاسی خودای لەسەر دەکەم؟

[٣١]بۆیە ئەگەر خواردتان یان خواردتانەوە یان هەر شتێکتان کرد، هەموو شتێك بۆ شکۆی خودا بکەن. [٣٢]بۆ جولەکە و ناجولەکە و کڵێسای خودا مەبنە کۆسپ. [٣٣]هەروەك منیش لە هەموو شتێك هەمووان ڕازی دەکەم، بەدوای بەرژەوەندی خۆمدا ناگەڕێم، بەڵکو هی زۆران، تاکو ڕزگاریان ببێت.

١١ لاسایی من بکەنەوە هەروەك چۆن منیش لاسایی مەسیح دەکەمەوە.

[a] ٧ دەرچوون ٣٢:٦.
[b] ٩ بڕوانە سەرژمێری ٢١:٥-٦.
[c] ١٠ فریشتەی لەناوبەر، بڕوانە سەرژمێری ١٦.
[d] ٢٢ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە بتپەرستی، چونکە خودا دەیەوێت تەنها ئەو بپەرسترێت.
[e] ٢٦ زەبوورەکان ٢٤:١.

## نوێژکردن لە کۆبوونەوە

[٢]جا ستایشتان دەکەم کە لە هەموو شتێکدا یادم دەکەن، ئەو دابونەریتانە دەپارێزن هەروەك پێمداون.

[٣]بەڵام دەمەوێت بزانن کە سەری هەموو پیاوێك مەسیحە و سەری ژنیش پیاوە و سەری مەسیحیش خودایە. [٤]هەر پیاوێك بە سەری داپۆشراو نوێژ بکات یان پەیامی خودا ڕابگەیەنێت، ئەوا سەری خۆی شۆڕ دەکات. [٥]هەر ژنێکیش بە سەر دانەپۆشراوی نوێژ بکات یان پەیامی خودا ڕابگەیەنێت، ئەوا سەری خۆی شۆڕ دەکات، چونکە ئەو و ژنێکی سەرتاشراو[a] هەمان شتن و یەکن. [٦]ئەگەر ژن سەری دانەپۆشێت، با قژی ببڕێت، بەڵام ئەگەر بۆ ژن شورەیی بوو قژی ببڕێت یاخود بیتاشێت، با سەری داپۆشێت. [٧]کەواتە پیاو نابێت سەری داپۆشێت، کە وێنە و شکۆی خودایە. بەڵام ژن شکۆی پیاوە، [٨]چونکە پیاو لە ژن نەهاتووە، بەڵکو ژن لە پیاوە. [٩]پیاویش لە پێناوی ژن بەدی نەهێنراوە، بەڵکو ژن لە پێناوی پیاو. [١٠]لەبەر ئەمە و لەبەر فریشتەکان، پێویستە ژن نیشانەی دەسەڵاتی بەسەر سەرییەوە هەبێت.[b]

[١١]لەگەڵ ئەوەشدا، لە پاشایەتی مەسیحی گەورەماندا ژن سەبارەت بە پیاو سەربەخۆ نییە و پیاویش سەبارەت بە ژن سەربەخۆ نییە، [١٢]چونکە وەك ژن لە پیاوە، ئاواش پیاو بەهۆی ژن لەدایك دەبێت، بەڵام هەموو شتێك لە خوداوەیە. [١٣]ئێوە حوکم بۆ خۆتان بدەن: ئایا دەشێت ژن بە سەر دانەپۆشراوی نوێژ بۆ خودا بکات؟ [١٤]باشە سروشت خۆی فێرتان ناکات کە شەرمەزارییە بۆ پیاو قژی درێژ بکات، [١٥]بەڵام بۆ ژن شکۆمەندییە ئەگەر قژی درێژ بکات؟ چونکە لە جیاتی پۆشەر قژی دراوەتێ. [١٦]بەڵام ئەگەر یەکێك حەزی لە ناکۆکییە، ئێمە و کڵێساکانی خوداش جگە لەمە نەریتێکی دیکەمان نییە.

## سووکایەتیکردن بە کڵێسای خودا

[١٧]بەم ئامۆژگارییە ستایشتان ناکەم، چونکە کۆبوونەوەکانتان زیانی لە سوود زیاترە. [١٨]پێش هەموو شتێك، دەبیستم کاتێك وەك کڵێسا کۆدەبنەوە دووبەرەکی لەنێوانتاندا هەیە و هەتا ڕادەیەکیش باوەڕ دەکەم. [١٩]بێگومان دەبێت لەنێوانتاندا ناکۆکی و دووبەرەکی هەبێت، تاکو ئەو باوەڕدارانەی کە جێی ڕەزامەندی خودان دەربکەون. [٢٠]بۆیە کاتێك کۆدەبنەوە، بۆ خواردنی شێوی مەسیحی خاوەن شکۆ نییە، [٢١]چونکە هەریەکە زوو شێوی خۆی لە خواردندا دەبات، جا یەکێك برسی دەبێت، ئەوی دیکە سەرخۆش دەبێت. [٢٢]ئایا ماڵتان نییە تێیدا بخۆن و بخۆنەوە؟ یاخود کڵێسای خودا سووك دەکەن و ئەوانە تەریق دەکەنەوە کە هەژار و نەدارن؟ چیتان پێ بڵێم؟ ئایا لەسەر ئەمە ستایشتان بکەم؟ بێگومان نەخێر!

## شێوی مەسیح

[٢٣]ئەوەی بە ئێوەم دا لە مەسیحی خاوەن شکۆم وەرگرتووە[c]: ئەوە بوو عیسای خاوەن شکۆ لەو شەوەی تێیدا بە گرتن درا، نانێکی هەڵگرت، [٢٤]سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، فەرمووی: «ئەمە جەستەی منە کە بۆ ئێوەیە. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.» [٢٥]بە هەمان شێوە جامەکەی پاش نانخواردن هەڵگرت و فەرمووی: «ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من. هەر جارێك دەیخۆنەوە، ئەمە بکەن بۆ یادەوەریم.» [٢٦]جا هەر کاتێك لەم نانەتان خوارد و لەم جامەتان خواردەوە، ئەوا مردنی عیسای خاوەن شکۆ ڕادەگەیەنن، هەتا دێتەوە.

[٢٧]کەواتە ئەوەی بە شێوازێکی ناشایستە[d] نانەکە بخوات یان لە جامەکەی مەسیحی خاوەن شکۆ

---

[a] ٥ لە سەردەمی پۆڵس سەرتاشینی ئافرەتان بۆ ڕیسواکردنیان بوو.

[b] ١٠ لەوانەیە مەبەستی لەوە بێت پێویستە ژن چەفیە (سەرپۆش)ی بەسەرەوە بێت، بۆ نیشانەی دەسەڵاتی پیاو و ڕیزگرتن لە فریشتەکان.

[c] ٢٣ مەتا ٢٦:٢٦-٢٩.

[d] ٢٧ بەبێ ڕیزگرتن لە مەسیح.

بخواتەوە، ئەوا بەرامبەر بە جەستە و خوێنی مەسیحی خاوەن شکۆ تاوانبارە. [٢٨]با هەرکەسێك خۆی تاقی بکاتەوە، ئینجا لە نانەکە بخوات و لە جامەکە بخواتەوە، [٢٩]چونکە ئەوەی بخوات و بخواتەوە و بێ ئەوەی ڕێز لە جەستەی مەسیح بگرێت، ئەوا بۆ خۆی حوکم دەخوات و دەخواتەوە. [٣٠]لەبەر ئەمەیە زۆر نەخۆش و لاوازتان تێدایە، هەندێکیش نوستوون[a]. [٣١]بەڵام ئەگەر خۆمان حوکمی خۆمان بدایە، ئەوا حوکم نەدەدراین. [٣٢]بەڵام کاتێك مەسیحی خاوەن شکۆ حوکممان بدات، ئەوا تەمبێ دەکرێین، تاکو لەگەڵ جیهاندا تاوانبار نەکرێین.

[٣٣]کەواتە ئەی خوشك و برایانم، کاتێك بۆ خواردن کۆدەبنەوە، چاوەڕێی یەکتری بکەن. [٣٤]ئەگەر یەکێك برسی بوو با لە ماڵەوە بخوات، نەوەك بۆ حوکمدان کۆببنەوە.

کاتێك هاتم بۆ لاتان، ڕێنمایی زیاتریشتان دەدەمێ.

## بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز

١٢ خوشکان، برایان، نامەوێت بێ ئاگا بن لەبارەی بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆزەوە. [٢]دەزانن کاتێك بتپەرست بوون، بەرەو بتە لاڵەکان ڕابەرایەتی و گومڕا کران. [٣]بۆیە بزانن کە کەس نییە بە ڕۆحی خودا بدوێت و بڵێت: «نەفرەت لە عیسا،» کەسیش ناتوانێت بڵێت: «عیسا پەروەردگارە،» بە ڕۆحی پیرۆز نەبێت.

[٤]جۆرەها بەهرە هەیە، بەڵام هەمان ڕۆحە، [٥]جۆرەها خزمەت هەیە، بەڵام هەمان پەروەردگارە، [٦]جۆرەها کار هەیە، بەڵام هەمان خودایە، ئەوەی هەموو کارێك لە هەمواندا دەکات.

[٧]بەڵام دەرکەوتنی بەهرەی ڕۆحی پیرۆز بۆ هەر یەکێك لە پێناوی سوودمەندی گشتییە دەدرێت. [٨]جا یەکێك لە ڕێگەی ڕۆحەکەوە قسەی دانایی پێدەدرێت، بۆ یەکێکی دیکەش قسەی زانین بەگوێرەی هەمان ڕۆح. [٩]بۆ یەکێکی دیکەش باوەڕ بە هەمان ڕۆح، بۆ یەکێکی دیکە بەهرەی چاککردنەوە بە هەمان ڕۆح، [١٠]یەکێکی دیکەش کاری پەرجوو، بۆ ئەوی دیکە ڕاگەیاندنی پەیامی خودا، بۆ ئەوی دیکە جیاکردنەوەی ڕۆحەکان، بۆ ئەوی دیکە جۆرەها زمان[b]، بۆ یەکێکی دیکەش لێکدانەوەی زمانەکان. [١١]ئەمانە هەمووی کاری یەك ڕۆح و هەمان ڕۆحە، بۆ هەر یەکێك بە تایبەت دابەشی دەکات، چۆن بیەوێت.

## یەك لەش و ئەندامی زۆر

[١٢]هەروەك چۆن لەش یەکە و ئەندامی زۆری هەیە، هەموو ئەندامانی لەش لەگەڵ زۆرییان یەك لەشن، مەسیحیش بەم شێوەیەیە، [١٣]چونکە هەموومان بە یەك ڕۆح بۆ یەك جەستە لە ئاو هەڵکێشراین، جولەکە یان ناجولەکە، کۆیلە یان ئازاد، هەموومان یەك ڕۆحمان پێدرا تاکو بیخۆینەوە. [١٤]لەگەڵ ئەمەشدا لەشەکە یەك ئەندام نییە بەڵکو زۆرە.

[١٥]ئەگەر قاچ بڵێت: «چونکە دەست نیم، هی لەش نیم،» ئایا ئیتر هی لەش نامێنێت؟ [١٦]ئەگەر گوێ بڵێت: «چونکە چاو نیم، هی لەش نیم،» ئایا ئیتر هی لەش نامێنێت؟ [١٧]ئەگەر هەموو لەش چاو بووایە، ئەی کوا بیستن؟ ئەگەر هەمووی بیستن بووایە، ئەی کوا بۆن کردن؟ [١٨]بەڵام ئێستا خودا ئەندامانی دانا، هەر یەکێك لە لەشدا، وەك ویستی. [١٩]ئەگەر هەموو یەك ئەندام بووایە، کوا لەش؟ [٢٠]جا ئێستا ئەندام زۆرن، بەڵام لەش یەکە.

[٢١]چاو ناتوانێت بە دەست بڵێت: «پێویستیم پێت نییە.» یان سەر بە پێیەکان بڵێت: «پێویستیم پێتان نییە.» [٢٢]بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو ئەندامەی لەش کە لاوازتر دیارە ئەوا پێویستە، [٢٣]ئەو ئەندامەی لەش کە وادەزانین ڕێزی کەمترە، زیاتر ڕێزی بۆ دادەنێین. ئەو ئەندامەی مایەی شەرمەزاریمانە ڕێزی تایبەتی

[a] ٣٠ مەبەست لە مردنە.

[b] ١٠ قسەکردنێکی ڕۆحی بۆ خودا کە مرۆڤ ناتوانێت تێبگات، پێویستە لەلایەن یەکێکەوە لێك بدرێتەوە کە بەهرەی لێکدانەوەی هەیە.

لێ دەگرین، [٢٤]بەڵام ئەو ئەندامانەی ڕێزدارن پێویستییان بەمە نییە. خوداش لەشی ڕێکخستووە، ڕێزی زیاتری داوەتە ئەندامی بێ ڕێز، [٢٥]تاکو ناکۆکی لە لەشدا نەبێت، بەڵکو ئەندامەکان یەک بایەخ بە یەکتری بدەن. [٢٦]ئەگەر ئەندامێک ئازاری هەبوو، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا ئازار دەچێژن، ئەگەر ئەندامێک ڕێزی لێنرا، هەموو ئەندامان لەگەڵیدا خۆشحاڵ دەبن.

[٢٧]ئێوە لەشی مەسیحن، هەریەکەتان ئەندامی ئەون. [٢٨]خودا لە کڵێسادا خەڵکێکی دانا: یەکەم جار نێردراوان، دووەم پێغەمبەران، سێیەم فێرکاران، ئینجا پەرجووکاری، دوای ئەوە بەهرەکانی چاککردنەوە و توانای یارمەتیدان و بەڕێوەبردن و جۆرەها زمان. [٢٩]ئایا هەموو نێردراون؟ هەموو پێغەمبەرن؟ هەموو فێرکارن؟ هەموو پەرجووکارن؟ [٣٠]هەموو بەهرەی چاککردنەوەیان هەیە؟ هەموو بە زمانەکان دەدوێن؟ هەموو لێک دەدەنەوە[a]؟ [٣١]بەڵام تامەزرۆی بەهرەی باشتر بن.

ئێستاش باشترین ڕێگاتان پیشان دەدەم.

## گرنگی خۆشەویستی

١٣ ئەگەر بە زمانەکانی خەڵک و فریشتە بدوێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا بوومەتە دەهۆڵی بە گرمەگرم و زوڕنای بە زیڕەزیڕ. [٢]ئەگەر پەیامی خودا ڕابگەیەنم و هەموو نهێنی و زانیارییەک بزانم و باوەڕێکی تەواویشم هەبێت بۆ هەڵکەندنی چیا، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا هیچ نیم. [٣]ئەگەر هەموو سامانم دەرخوارد بدەم و هەتا سووتان لەشم دابنێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکم نابێت.

[٤]خۆشەویستی پشوودرێژییە، خۆشەویستی نیانییە. خۆشەویستی ئیرەیی نییە، شانازی نییە، لووتبەرزی نییە. [٥]بەدڕەوشتی نییە، بۆ خۆی داوا ناکات، زوو تووڕە نابێت و خراپەکان تۆمار ناکات. [٦]بە خراپە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بە ڕاستی دڵشاد دەبێت. [٧]بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، باوەڕ بە هەموو شتێک[b] دەکات، هیوا بە هەموو شتێک دەخوازێت، بۆ هەموو شتێک ئارام دەگرێت.

[٨]خۆشەویستی هەرگیز نافەوتێت، بەڵام ڕاگەیاندنی پەیامی خودا دەوەستێت، قسەکردن بە زمانە ڕۆحییەکانیش کۆتایی پێدێت، زانیاریش نامێنێت، [٩]چونکە زانیاریمان سنووردارە، هەروەها توانای ئێمە بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی خودا سنووردارە، [١٠]بەڵام کاتێک تەواوەکە دێت، سنووردارییەکە نامێنێت[c]. [١١]کە منداڵ بووم، وەک منداڵێک قسەم دەکرد، وەک منداڵێک بیرم دەکردەوە، وەک منداڵێک لێکم دەدایەوە. کە بوومە پیاو، ئەوەی هی منداڵ بوو وازم لێ هێنا. [١٢]جا ئێستا لە تەمدا تەماشای ئاوێنە دەکەین، بەڵام دوایی ڕووبەڕووە. ئێستا هەندێک دەزانم، بەڵام دواتر بە تەواوی دەزانم، هەروەک چۆن تەواو ناسراوم.

[١٣]ئێستا ئەم سێیانە دەمێننەوە: باوەڕ و هیوا و خۆشەویستی، بەڵام گەورەترینیان خۆشەویستییە.

## بەهرەی ڕاگەیاندنی پەیامی خودا

١٤ بەدوای خۆشەویستی بکەون، تامەزرۆی بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز بن، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی پەیامی خودا. [٢]ئەوەی بە زمان[d] دەدوێت، قسە بۆ خەڵک ناکات، بەڵکو بۆ خودا، کەس لێی تێناگات، چونکە بە ڕۆحی پیرۆز باسی نهێنی دەکات. [٣]بەڵام ئەوەی پەیامی خودا ڕادەگەیەنێت، ئەوە بۆ بنیادنان و هاندان و دڵنەوایی خەڵک دەدوێت. [٤]ئەوەی بە زمان دەدوێت، خۆی بنیاد دەنێت، بەڵام ئەوەی پەیامی خودا ڕادەگەیەنێت، ئەوا کڵێسا بنیاد دەنێت. [٥]حەز دەکەم هەمووتان بە زمانەکان بدوێن، بەڵام باشترە پەیامی خودا ڕابگەیەنن. ئەوەی پەیامی خودا ڕادەگەیەنێت گەورەترە لەوەی بە زمانەکان

[a] ٣٠ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی زمانە ڕۆحییەکان.

[b] ٧ مەبەست هەموو شتێک لە خوداوە.

[c] ١٠ لەگەڵ هاتنی مەسیح هەموو ئەوەی تەواو نییە لەناودەچێت.

[d] ٢ بڕوانە ١٢:١٠.

دەدوێت، مەگەر لێکی بداتەوە، تاکو کڵێسا بنیادنانی
دەستبکەوێت.
٦ئێستا ئەی خوشك و برایانم، ئەگەر هاتمە لاتان
و بە زمانەکان دوام، چ سوودم بۆتان دەبێت، مەگەر
بە ئاشکراکراوێك[a] یان بە زانیارییەك یان بە پەیامێك
لە خوداوە یان بە فێرکردنێك بۆتان بدوێم؟ ٧تەنانەت
ئەو شتە بێ ڕۆحانەی دەنگ دەردەکەن، شمشاڵ
یان قیسارە، ئەگەر ئاوازی جیاواز نەدات، چۆن
بزانرێت ئەوەی دەژەنرێت شمشاڵە یان قیسارەیە؟
٨ئەگەر کەڕەنا دەنگێکی ڕوون نەدات، کێ بۆ شەڕ
خۆی ئامادە دەکات؟ ٩ئێوەش ئاوا، ئەگەر بە زمان
قسەیەکی ڕوون نەدەن، ئەوەی گوتراوە چۆن
دەزانرێ؟ چونکە هەر لە هەوادا دەدوێن. ١٠بێگومان
لە جیهاندا جۆرەها زمان هەیە و هیچیان بێ واتە
نین. ١١بۆیە ئەگەر لە واتای دەنگێك نەزانم، بۆ
قسەکەر دەبمە بەربەری[b]، قسەکەریش بەربەرییە
بۆ من، ١٢ئێوەش بە هەمان شێوەن. لەبەر ئەوەی بە
پەرۆشن بۆ بەهرەکانی ڕۆحی پیرۆز، کەواتە هەوڵ
بدەن لەو بەهرانە زیاد بکەن کە لە پێناوی بنیادنانی
کڵێسایە.

١٣لەبەر ئەم هۆیە ئەوەی بە زمان دەدوێت،
با نوێژ بکات تاکو لێکی بداتەوە، ١٤چونکە ئەگەر
بە زمانێك نوێژ بکەم، ڕۆحم نوێژ دەکات، بەڵام
مێشکم بێ بەروبوومە. ١٥کەواتە چییە؟ بە ڕۆح
نوێژ دەکەم، هەروەها بە مێشکیشم نوێژ دەکەم.
بە ڕۆح گۆرانی دەڵێم، هەروەها بە مێشکیشم
گۆرانی دەڵێم. ١٦ئەگینا، ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز
ستایشی خودا بکەیت، چۆن یەکێکی دەرەوە بە
سوپاسکردنەکەت بڵێت «ئامین» چونکە نازانێت تۆ
چی دەڵێی؟ ١٧سوپاسکردنەکەت باشە، بەڵام نابێتە
مایەی بنیادنانی کەسێکی دیکە.

١٨سوپاسی خودا دەکەم، لە هەمووتان زیاتر بە
زمانەکان دەدوێم، ١٩بەڵام لە کڵێسادا، پێنج وشەم لە
مێشکدایە بیڵێم، تاکو خەڵکیش فێر بکەم، باشترە لە
دە هەزار وشەی بە زمانێك.

٢٠خوشکان، برایان، لە بیرکردنەوەدا منداڵ
مەبن. لە خراپەدا وەك منداڵ بێبەری بن، بەڵکو لە
بیرکردنەوەدا پێگەیشتوو بن. ٢١لە تەوراتدا نووسراوە:
«یەزدان دەفەرموێ،

«﴿بە زمانی بێگانەکان و بە لێوی نامۆکان
قسە بۆ ئەم گەلە دەکەم،
لەگەڵ ئەوەش گوێم لێ ناگرن.﴾[c]»

٢٢کەواتە زمانەکان نیشانەن، نەك بۆ باوەڕداران،
بەڵکو بۆ بێباوەڕان، بەڵام ڕاگەیاندنی پەیامی خودا
بۆ بێباوەڕان نییە، بەڵکو بۆ باوەڕدارانە. ٢٣بۆیە ئەگەر
کڵێسا هەموو بەیەکەوە کۆبوونەوە و هەموو بە
زمانەکان بدوێن، هەر نەزانێك یان بێباوەڕێك بێتە
ژوورەوە، ئایا ناڵێت کە ئێوە وڕێنە دەکەن؟ ٢٤بەڵام
ئەگەر هەموو پەیامی خودا ڕابگەیەنن و یەکێکی
بێباوەڕ یاخود نەزان بێتە ژوورەوە، لەبەردەم
هەمووان ویژدانی تاوانباری دەکات، لەلایەن
هەمووانەوە حوکم دەدرێت، ٢٥نهێنییەکانی دڵی
ئاشکرا دەبێت، کڕنۆش دەبات و خودا دەپەرستێت،
ڕایدەگەیەنێت: «بەڕاستی خودا لەنێوتاندایە!»

## کۆبوونەوەی ڕێکوپێك

٢٦ئەی خوشك و برایان، ئیتر چی بڵێین؟ کاتێك
کۆدەبنەوە هەر یەکێك زەبوورێکی هەیە، یان
فێرکردنێك یان ئاشکراکردنێك یان زمانێك یان
لێکدانەوەیەك. با هەموو شتێك بۆ بنیادنان بێت.
٢٧ئەگەر کەسانێك بە زمانێك بدوێن، با دوو یان
ئەوپەڕی سێ کەس بێت و لەدوای یەك بدوێن،
یەکێکیش لێکی بداتەوە. ٢٨بەڵام ئەگەر لێکدەرەوە
نەبوو، با لە کڵێسا بێدەنگ بێت، بۆ خۆی و بۆ خودا
بدوێت.

٢٩با دوو یان سێ پێغەمبەر بدوێن، ئەوانی
دیکەش وتەکانیان هەڵبسەنگێنن. ٣٠بەڵام ئەگەر

[a] ٦ پەیامێکی ڕاستەوخۆ لە خوداوە بۆ مرۆڤێك.

[b] ١١ بەربەری: ئەو کەسانەی کە بە زمانی یۆنانی قسە ناکەن، بە کەسانی ناڕۆشنبیر هەژماردکراون.

[c] ٢١ ئیشایا ٢٨:١١-١٢

ئاشکراکردنێك بۆ یەکێك لە دانیشتووان هات، با یەکەمیان بێدەنگ بێت، [٣١]چونکە هەمووتان دەتوانن یەك بە یەك پەیامی خودا ڕابگەیەنن، تاکو هەموو فێربن و هانبدرێن. [٣٢]ڕۆحی پێغەمبەران بۆ پێغەمبەران ملکەچە، [٣٣]چونکە خودا خودای شێواندن نییە، بەڵکو خودای ئاشتییە.

هەروەك لە هەموو کڵێساکانی گەلی پیرۆزی خودا، [٣٤]با ژنان لە کڵێساکاندا بێدەنگ بن، چونکە ڕێیان پێنەدراوە بدوێن، بەڵکو وەك تەوراتیش دەفەرموێ با ملکەچ بن. [٣٥]بەڵام ئەگەر ویستیان شتێك فێربن، لە ماڵەوە لە مێردەکانیان بپرسن، چونکە شورەییە بۆ ژن لە کڵێسادا بدوێت.[a]

[٣٦]ئایا پەیامی خودا لە ئێوەوە سەرچاوەی گرتووە، یان تەنها بۆ ئێوە هاتووە؟ [٣٧]ئەگەر یەکێك خۆی بە پێغەمبەر یان کەسێکی ڕۆحانی بزانێت، با باش بزانێت ئەوەی بۆتان دەنووسم ڕاسپاردەی مەسیحی باڵادەستە. [٣٨]بەڵام ئەگەر یەکێك پشتگوێی خست، با هەر پشتگوێ بخرێت. [٣٩]کەواتە برایانم، تامەزرۆی ڕاگەیاندنی پەیامی خودا بن و ڕێگری مەکەن لە دوان بە زمانەکان. [٤٠]بەڵام با هەموو شتێك بە دروستی و ڕێك بێت.

## هەستانەوەی عیسا

١٥ ئەی خوشك و برایانم، دەمەوێ ئەو مزگێنییەتان بیربخەمەوە کە پێم ڕاگەیاندن، ئەوەی وەرتانگرت و هەتا ئێستا لەسەری چەسپاون. [٢]بەهۆی ئەم مزگێنییەوە ئێوە ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر دەستتان بەو پەیامەوە گرت کە پێم ڕاگەیاندن. ئەگینا بێ سوود باوەڕتان هێناوە.

[٣]ئەوەم پێدان کە یەکەمین و گرنگترینە و منیش وەرمگرتبوو: کە مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان[b]، [٤]ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەستایەوە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان، [٥]ئینجا بۆ پەترۆس[c] و دوایی بۆ دوازدە قوتابییەکەی دەرکەوت. [٦]پاش ئەوە بە یەك جار بۆ زیاتر لە پێنج سەد لە خوشك و برایان دەرکەوت، زۆرینەیان هەتا ئێستا ماون، بەڵام هەندێکیان نوستوون[d]، [٧]دوای ئەوە بۆ یاقوب دەرکەوت، ئینجا بۆ هەموو نێردراوان، [٨]پاش هەمووان بۆ منیش دەرکەوت، من وەك منداڵێك بووم کە لە کاتی نائاسایی لەدایك ببووم.

[٩]لەڕاستیدا من بچووکترین نێردراوم و شایانی ئەوە نیم بە نێردراو ناوببردرێم، لەبەر ئەوەی من کڵێسای خودام چەوساندووەتەوە. [١٠]بەڵام بەهۆی نیعمەتی خوداوە من ئەوەم کە هەم، هەروەها نیعمەتی ئەو بۆ من بێ سوود نەبوو، بەڵکو من لە هەموو نێردراوانی دیکە ماندووتر بووم، بەڵام من نا، بەڵکو نیعمەتی خودا بوو کە لەگەڵمدایە. [١١]ئیتر من بم یاخود ئەوان، ئاوا ڕادەگەیەنین و ئاواش باوەڕتان هێنا.

## هەستانەوەی مردووان

[١٢]بەڵام ئەگەر ڕاگەیەنراوە کە مەسیح لەنێو مردووان هەستێنرایەوە، ئیتر چۆن هەندێکتان دەڵێن مردووان زیندوو نابنەوە؟ [١٣]ئەگەر هەستانەوە لەنێو مردووان نەبێت، تەنانەت مەسیحیش هەڵنەستێنراوەتەوە. [١٤]ئەگەر مەسیح هەڵنەستێنرابێتەوە، ئەوسا مزگێنیدانمان بێ سوود دەبێت، باوەڕی ئێوەش هیچ سوودی نابێت. [١٥]ئێمەش دەبینە شایەتی درۆزن بۆ خودا، چونکە ئێمە سەبارەت بە خودا شایەتیمان دا کە مەسیحی هەستاندووەتەوە، بەڵام ئەگەر مردووان هەڵنەستنەوە، هەڵینەستاندووەتەوە. [١٦]ئەگەر مردووان هەڵنەستێنرێنەوە، کەواتە مەسیحیش هەڵنەستێنراوەتەوە. [١٧]ئەگەر مەسیح لەنێو مردووان هەڵنەستێنرابێتەوە، ئەوسا باوەڕتان پووچ دەبێت و ئێوە هێشتا لە گوناهەکانتاندان. [١٨]کەواتە ئەوانەی

[a] ٣٥ مەبەستی ئەوەیە کە فێرکردن و سەرپەرشتیکردنی کڵێسا لە دەسەڵاتی پیاوادایە.

[b] ٣ مەبەست تەورات و پێغەمبەرانە.

[c] ٥ یۆنانی: کێفاس.

[d] ٦ لێرەدا نوستن بە واتای مردنی جەستەیی دێت.

کە باوەڕیان بە مەسیح هەبوو و نوستوون[a]، لەناوچوون. [١٩]ئەگەر بێتو تەنها لەم ژیانە هیوامان بە مەسیح بێت، ئەوا ئێمە نەگبەتترین خەڵك دەبین لەنێو مرۆڤ.

[٢٠]بەڵام لە ڕاستیدا مەسیح لەنێو مردووان هەستایەوە و بووە نۆبەرەی نوستووان. [٢١]هەروەك مردن بەهۆی مرۆڤێکەوە بوو، هەستانەوەی مردووانیش بەهۆی مرۆڤێکەوەیە. [٢٢]هەروەها چۆن هەموو بەهۆی ئادەمەوە دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو ئەوانەش کە باوەڕیان بە مەسیح هەیە زیندوو دەکرێنەوە. [٢٣]بەڵام هەر یەکە بە نۆرەی خۆی: یەکەم جار مەسیح وەك نۆبەرە، ئینجا لە کاتی هاتنی، ئەوانەی هی مەسیحن، [٢٤]دوای ئەمە کۆتایی دێت، کاتێك پاشایەتییەکە دەداتە خودای باوك، پاش ئەوەی هەموو سەرکردایەتی و دەسەڵات و هێزێکی لەناوبرد، [٢٥]چونکە دەبێ پاشایەتی بکات، هەتا هەموو دوژمنانی دەخاتە ژێر پێیەوە. [٢٦]دوا دوژمن کە لەناودەبردرێت، مردنە. [٢٧]هەروەك نووسراوە پیرۆزەکان دەڵێن: ﴿هەموو شتێکت خستووەتە ژێر پێی ئەو.﴾[b] بەڵام کاتێك دەفەرموێ ﴿هەموو شتێکت خستووەتە ژێر پێی،﴾ ڕوونە کە ئەمە خودی خودا ناگرێتەوە، چونکە خودا هەموو شتێکی ملکەچی مەسیح کردووە. [٢٨]کاتێك هەمووی ملکەچی کرد، ئەوسا کوڕەکەش خۆی ملکەچی ئەوە دەبێت کە هەمووی ملکەچی کردووە، تاکو خودا ببێتە هەموو شتێك لە هەموو شتێکدا.

[٢٩]ئەگینا ئەوانەی لە جیاتی مردووان لە ئاو هەڵدەکێشرێن چی دەکەن؟ ئەگەر مردووان هەرگیز هەڵناستێنرێنەوە، جا بۆچی لە پێناو مردووان لە ئاو هەڵدەکێشرێن؟ [٣٠]بۆچی ئێمە هەموو کاتێك خۆمان دەخەینە مەترسییەوە؟ [٣١]ئەی خوشك و برایانم، ڕۆژانە دەمرم، وەك بە دڵنیاییەوە شانازیتان پێوە دەکەم، بەهۆی عیسای مەسیحی گەورەمان. [٣٢]ئەگەر بە بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت کاتێك لە ئەفەسۆس بەرەنگاری دڕندەکان بوومەوە، چ سوودێکم دەبوو؟ ئەگەر مردووان هەڵنەستنەوە:

﴿با بخۆین و بخۆینەوە،
چونکە سبەی دەمرین.﴾[c]

[٣٣]هەڵمەخەڵەتێن: «پەیوەندی خراپ ڕەوشتی جوان تێکدەدات.» [٣٤]هۆش بهێننەوە بەر خۆتان هەروەك پێویستە، گوناه مەکەن، چونکە هەندێکتان زانیاریتان سەبارەت بە خودا نییە. ئەمە بۆ شەرمەزاربوونتان دەڵێم.

## هەستانەوەمان چۆن دەبێت؟

[٣٥]لەوانەیە یەکێك بڵێت: «مردووان چۆن هەڵدەستێنرێنەوە؟ بە چ جۆرە لەشێك دێن؟» [٣٦]ئەی گێل! ئەوەی دەیچێنیت زیندوو نابێتەوە ئەگەر نەمرێت. [٣٧]ئەوەی دەیچێنیت ئەو لەشە نییە کە دەردەکەوێت، بەڵکو تەنها دەنکێکە، لەوانەیە گەنمە یاخود هەر تۆوێکی دیکە. [٣٨]بەڵام خودا ئەو لەشەی دەداتێ کە خۆی دەیەوێ، هەر جۆرە تۆوێك لەشێکی تایبەتی داوەتێ. [٣٩]هەموو جەستەیەك یەك شێوەی نییە، بەڵکو مرۆڤ جەستەیەکی هەیە، ئاژەڵ جەستەیەکی دیکە، باڵندە جەستەیەك و ماسی جەستەیەکی دیکە. [٤٠]تەنی ئاسمانی هەیە و تەنی زەویش هەیە، بەڵام شکۆیە ئاسمانییەکان شتێکە و شکۆی زەویش شتێکی دیکە. [٤١]شکۆی خۆر شتێکە و شکۆی مانگ شتێکە، شکۆی ئەستێرەش شتێکی دیکە، ئەستێرەش لەگەڵ ئەستێرە شکۆی جیاوازی خۆیان هەیە.

[٤٢]بەم جۆرەش هەستانەوەی مردووانیش: لە فەوتاوی دەچێنرێت، لە نەفەوتاوی هەڵدەستێنرێتەوە. [٤٣]لە سووکایەتی دەچێنرێت، لە شکۆمەندی هەڵدەستێنرێتەوە. لە لاوازی دەچێنرێت، لە هێز هەڵدەستێنرێتەوە. [٤٤]بە لەشی سروشتی دەچێنرێت، بە لەشی ڕۆحی هەڵدەستێنرێتەوە.

ئەگەر لەشی سروشتی هەیە، لەشی ڕۆحیش

[a] ١٨ بڕوانە ٦:١٥.
[b] ٢٧ زەبوورەکان ٦:٨.
[c] ٣٢ ئیشایا ١٣:٢٢.

هەیە. [٤٥]ئاواش نووسراوە: ﴿ئادەمی یەکەمین بووە گیانێکی زیندوو.﴾[a] بەڵام دوا ئادەم، ڕۆحێکە ژیان دەبەخشێت. [٤٦]بەڵام ڕۆحییەکە ئەوەی یەکەم نییە، بەڵکو لەشی سروشتییە و ئەوەی دواتر ڕۆحییە. [٤٧]مرۆڤی یەکەم لە خۆڵی زەوی بوو، مرۆڤی دووەم لە ئاسمانەوەیە. [٤٨]وەك ئەوەی لە خۆڵ بوو، ئەوانەش لە خۆڵن. ئەوەش لە ئاسمانەوەیە، ئاسمانییەکان بەم جۆرە دەبن. [٤٩]وەك چۆن ئەو وێنەیەمان وەرگرتووە کە لە خۆڵ بوو، بە هەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگرین.

[٥٠]ئەی خوشك و برایانم، ئەوەتان پێ دەڵێم: گۆشت و خوێن ناتوانێت ببێتە میراتگری شانشینی خودا، هەروەها فەوتاو نابێتە میراتگری نەفەوتاو. [٥١]ئەوەتا نهێنییەکتان پێ دەڵێم: هەموومان ناخەوین، بەڵکو هەموومان دەگۆڕدرێین، [٥٢]لە ساتێکدا، لە چاوتروکانێك، کاتێك دوا کەڕەنا لێدەدرێت. لەبەر ئەوەی کەڕەنا دەنگ دەداتەوە، مردووانیش بێ فەوتان هەڵدەستێنرێنەوە، ئێمەش دەگۆڕدرێین، [٥٣]چونکە هەر دەبێ ئەو سروشتە فەوتاوە نەفەوتاوی بپۆشێت و سروشتی مردوو نەمری بپۆشێت. [٥٤]کاتێك فەوتاو نەفەوتاوی دەپۆشێت و مردن نەمری دەپۆشێت، ئەوسا وشەی نووسراو دێتە دی:

﴿مردن بە سەرکەوتن لووش دراوە.﴾[b]
[٥٥]﴿ئەی مردن، کوا سەرکەوتنت؟
ئەی مردن، کوا پێوەدانت؟﴾[c]

[٥٦]جا پێوەدانی مردن گوناهە، هێزی گوناهیش شەریعەتە. [٥٧]بەڵام سوپاس بۆ خودا! لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمان سەرکەوتن بە ئێمە دەبەخشێت.

[٥٨]کەواتە، ئەی خوشك و برایانی خۆشەویستم، چەسپاو بن. جێگیر بن. خۆتان بە تەواوی بۆ کاری عیسای خاوەن شکۆ تەرخان بکەن، بزانن ڕەنجتان بۆ عیسای خاوەن شکۆ بێ سوود نییە.

## پارە کۆکردنەوە بۆ باوەڕداران

١٦ بەڵام لەبارەی کۆمەك بۆ گەلی پیرۆزی خودا، چۆن کڵێساکانی گەلاتیام ڕاسپاردووە، ئێوەش ئاوا بکەن. [٢]لە سەرەتای هەر هەفتەیەك با هەریەکەتان چەندی لە توانادایە بیخاتە لایەك، تاکو کۆمەکەکە ئەو کاتە نەبێت کە دەگەمە لاتان. [٣]کاتێك گەیشتمە لاتان، جا ئەوانەی پەسەندکراون بە نامەوە دەیاننێرم تاکو دیارییەکانتان بگەیەننە ئۆرشەلیم. [٤]ئەگەر بە باشم زانی کە منیش بچم، ئەوا لەگەڵ من دەچن.

[٥]کاتێك لە مەکدۆنیا تێپەڕیم دێمە لاتان، چونکە بە مەکدۆنیادا تێدەپەڕم. [٦]لەوانەیە ماوەیەك لەلاتان بم، یاخود هەموو زستان، تاکو ڕێگای سەفەرم بۆ ئاسان بکەن بۆ هەر شوێنێك کە بۆی دەچم، [٧]چونکە ئەم جارە نامەوێت تەنها بە سەرپێیی بتانبینم، بەڵکو هیوادارم ئەگەر عیسای خاوەن شکۆ خواستی لەسەر بێت ماوەیەك لەلاتان بمێنمەوە. [٨]بەڵام هەتا ڕۆژی پەنجایەمین لە ئەفەسۆس دەمێنمەوە، [٩]چونکە دەرگایەکی فراوان و کاریگەرم بۆ کراوەتەوە، زۆر دوژمنیشم هەیە.

[١٠]ئەگەر تیمۆساوس هات، ئاگاداربن با لەلاتان بەبێ ترس بێت[d]، چونکە کاری یەزدان دەکات، وەك منیش دەیکەم. [١١]با کەس بە سووکی سەیری نەکات، بەڵکو بە ئاشتی بینێرنەوە لام، چونکە من و برایان چاوەڕێی دەکەین.

[١٢]هەروەها سەبارەت بە ئەپۆلۆسی برامان، زۆر پاڕامەوە کە لەگەڵ برایان بێتە لاتان، ئەو هەرگیز نەیویست ئێستا بێتە لاتان، بەڵام کە بۆی ڕێککەوت، دێت.

## کۆتایی

[١٣]ئێشك بگرن، لە باوەڕ بچەسپێن، پیاوی ئازابن،

---

[a] ٤٥ پەیدابوون ٢:٧.
[b] ٥٤ ئیشایا ٢٥:٨.
[c] ٥٥ هۆشەع ١٣:١٤.
[d] ١٠ ترس لە ناحەزانی خزمەتی پۆڵس.

بەهێزبن. [١٤]هەرچییەك دەکەن لە خۆشەویستییەوە
بیکەن.
[١٥]ئێوە دەزانن ماڵی ستیفاناس لە ئەخایا پێشەبەرە
بوون، خۆیان بۆ خزمەتکردنی گەلی پیرۆزی خودا
تەرخان کردبوو، خوشکان، برایان، لێتان دەپاڕێمەوە،
[١٦]تاکو ئێوەش ملکەچی وەك ئەوانە بن، هەموو
ئەوانەی لەگەڵیان ئیش دەکەن و ماندوو دەبن. [١٧]بە
هاتنی ستیفاناس و فەرتوناتۆس و ئەخایکۆس دڵشاد
بووم، چونکە شوێنی ئێوەیان گرتەوە، [١٨]چونکە ئەوان
ڕۆحی من و ئێوەیان گەشاندەوە، جا ئەو جۆرە
کەسانە بناسن.

[١٩]کڵێساکانی ئاسیا سڵاوتان لێدەکەن. ئەکیلا و
پریسکیلا، لەگەڵ ئەو کڵێسایەی لە ماڵەکەیانن
بە ناوی عیسای خاوەن شکۆ بە گەرمی سڵاوتان
لێدەکەن. [٢٠]هەموو خوشك و برایان سڵاوتان
لێدەکەن. بە ماچی پیرۆز سڵاو لە یەکتری بکەن.
[٢١]من پۆڵسم، ئەم سڵاوە بە دەستی خۆم
دەنووسم. [٢٢]بەڵێ ئەو کەسەی عیسای خاوەن شکۆی
خۆشناوێت با نەفرەتی لێ بێت! ئەی خاوەن شکۆ،
وەرە! [٢٣]نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆتان
لەگەڵ بێت. [٢٤]خۆشەویستی من لەگەڵ هەمووتان
بێت کە پابەندن بە عیسای مەسیح. ئامین.

# دووەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای کۆرنسۆس

## کورتە باسێك

پۆڵس لە دەوروبەری ساڵانی (٥٥-٥٧ ز.) لە مەکدۆنیاوە ئەم نامەیە بۆ کڵێسای کۆرنسۆس دەنووسێت و لە ڕێگای تیتۆسەوە ئاراستەیان دەکات. لەو کاتەدا کڵێسای کۆرنسۆس بەهۆی هەندێك مامۆستای درۆزن کە هاتبوونە ڕیزی باوەڕدارانەوە بە دوو شت دژایەتی خزمەتی پۆڵسیان دەکرد:

١. جێی متمانە نییە، چونکە پلانی گەشتکردنی گۆڕیوە و خاوەنی بەڵێن نییە.

٢. نێردراوی ڕاستەقینە نییە و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەخشین کۆدەکاتەوە.

پۆڵس بۆ داکۆکیکردن لە خۆی و ڕاستکردنەوەی هەڵوێستەکە ئەم نامە خەمناکەیان بۆ دەنووسێت و خزمەت و نێردراوییێتی ڕاستەقینەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەڵێنی سێیەمین سەردانی و لە نزیکەوە قسەکردنیان پێدەدات.

١. ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی پلانەکەی خۆی گۆڕیوە (١-٧).

٢. هانیان دەدات لەسەر تەواوکردنی بەخشین بەر لە گەیشتنی (٨-٩).

٣. چڕدەبێتەوە لەسەر ڕاستەقینەیی نێردراوییێتی خۆی (١٠-١٣).

پۆڵس لەگەڵ ئەوەی شانازی بە خزمەتەکەی خۆیەوە دەکات و دەڵێ: «بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی هەموو کاتێك لە کەژاوەی سەرکەوتنی مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەموو شوێنێك بەهۆی ئێمەوە بۆنی خۆشی ناسینەکەی بڵاو دەکاتەوە.» (١٤:٢). ئازارەکانی خۆی کە لە ڕێگای خزمەتەکەیەوە بۆ خودا چێژتوویەتی بە نموونە دەیهێنێتەوە بۆ ئازاری خزمەتکردنی باوەڕداران.

ئەم نامەیە فێرمان دەکات کە لە سەردەمی ئێستاماندا چۆن خزمەت بکەین. فێرمان دەکات کە دڵسۆز و دڵنیا و کراوە بین و گرنگی بە یەکتر بدەین، لە پێناوی مەسیحدا ئامادە بین بەرگەی ئازار بگرین.

١ لە پۆڵسەوە کە بە خواستی خودا نێردراوی
عیسای مەسیحە، هەروەها لە تیمۆساوسی
براتانەوە،
بۆ کڵێسای خودا لە کۆرنسۆس و هەموو گەلی
پیرۆزی خۆی لە هەموو ئەخایا:
٢ با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

### خودای دڵنەواییکار

٣ ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی
گەورەمان، باوکی میهرەبانی و خودای هەموو
دڵنەواییەك، ٤ ئەوەی لە هەموو تەنگانەیەکماندا
دڵنەواییمان دەکات، تاکو بتوانین بەو دڵنەواییەی
لە خوداوە دڵنەوایی کراین، دڵنەوایی ئەوانە بکەین
کە لە هەر تەنگانەیەکدان، ٥ چونکە هەروەك چۆن
بەشداری زۆرمان کردووە لە ئازاری مەسیح، بە
هەمان شێوە لە ڕێگەی مەسیحەوە دڵنەوایی زۆر
دەکرێین. ٦ ئەگەر تووشی تەنگانە دەبین ئەوا بۆ
دڵنەوایی و ڕزگاریتانە، ئەگەر دڵنەوایی کرابین
ئەوا بۆ دڵنەواییتانە، ئەوەی کاریگەرە لە ئێوەدا
دانبەخۆداگرتنە بۆ هەمان ئەو ئازارانەی کە ئێمەش
دەیچێژین. ٧ جا هیوامان بۆ ئێوە چەسپاوە، دەزانین
وەك لە ئازار بەشدارن، لە دڵنەواییشدا ئاوان.
٨ خوشکان و برایانم، نامانەوێت ئەو تەنگانەیەی
لە ئاسیا بەسەرمان هات لەلاتان شاراوە بێت، کە
زۆر قورس بوو و لە سەرووی توانامانەوە بوو، هەتا
ئەوەی لە ژیان بێهوودە بووین. ٩ بەڵکو لە خۆماندا
هەستمان کرد حوکمی مردنمان بۆ دراوە، تاکو پشت

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

بە خۆمان نەبەستین، بەڵام بەو خودایەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە. [١٠]ئەوەی لە مردنێکی ئاوا گەورە دەربازی کردین و دەربازمان دەکات. هیوامان پێی هەیە کە دواتریش دەربازمان دەکات، [١١]ئێوەش بە پاڕانەوەکانتان یارمەتیدەرن بۆ ئێمە، تاکو خەڵکێکی زۆر لە پێناوی ئێمە لەسەر ئەو نیعمەتەی پێمان دراوە سوپاسی خودا بکەن، بەهۆی پاڕانەوەی خەڵکێکی زۆر.

## پۆڵس پلانەکەی دەگۆڕێت

[١٢]ئێمە شانازی بەمەوە دەکەین: ویژدانمان شایەتی دەدات کە هەڵسوکەوتمان لە جیهاندا، بە تایبەتی سەبارەت بە ئێوە، لە دروستی و بێ دووڕوویی بوو کە لە خودایە، نەک بە دانایی دنیایی بەڵکو بە نیعمەتی خودا. [١٣]شتێکی دیکەتان بۆ نانووسین جگە لەوەی بیخوێننەوە یان لێی تێبگەن. هیوادارم تاکو بە تەواوی لە ئێمە تێبگەن، [١٤]وەک هەندێک لێمان تێگەیشتن، تاکو شانازی ئێوە بین، وەک ئێوەش شانازی ئێمەن، لە ڕۆژی عیسای خاوەن شکۆمان.

[١٥]جا بەم دڵنیاییەوە بە نیاز بووم کە یەکەم جار بێمە لاتان، تاکو دووبارە نیعمەتتان بۆ بێت، [١٦]بەرەو مەکدۆنیا بە لاتاندا تێپەڕم و لە مەکدۆنیاوە دیسان بێمەوە لاتان، ئێوەش بۆ یەهودیا بەڕێم بکەن. [١٧]کە بە نیازی ئەمە بووم، ئایا بە ڕاڕایی جوڵامەوە؟ یاخود بە شێوەیەکی دنیایی پلانەکانم داناوە، کە لە کاتێکدا دەڵێم: «بەڵێ، بەڵێ» و «نەخێر، نەخێر»؟

[١٨]بەڵام هەروەک چۆن خودا دڵسۆزە، وتەکانمان بۆ ئێوە هەم «بەڵێ» و هەم «نەخێر» نییە. [١٩]عیسای مەسیحی کوڕی خودا، کە بەهۆی من و سیلا[a] و تیمۆساوسەوە لەنێوتاندا مزگێنی درا، «بەڵێ» و «نەخێر» نەبوو، بەڵام لەلایەن ئەوەوە هەر «بەڵێ» بووە. [٢٠]بەڵێنەکانی خودا هەرچییەک بن، بەهۆی مەسیحەوە دەبن بە «بەڵێ». بۆیە بەهۆی ئەوەوە دەڵێین «ئامین» بۆ شکۆمەندی خودا. [٢١]بەڵام ئەوە خودایە کە دەستنیشانی کردووین، هەروەها بە یەکگرتن لەگەڵ مەسیح ئێمە لەگەڵ ئێوەدا دەچەسپێنێت. [٢٢]خودا مۆری خۆی لێداوین و وەک پێشەکی ڕۆحی خۆی خستە دڵمانەوە بۆ دەستەبەری ئەوەی دێت.

[٢٣]خوداش دەکەمە شایەت لەسەر خۆم، بەزەییم پێتان هاتەوە کە نەهاتمەوە کۆرنسۆس. [٢٤]نەک بەسەر باوەڕتان سالار بین، بەڵکو هاوکارین بۆ خۆشیتان، چونکە بە باوەڕ چەسپاون.

٢ لەبەر ئەوە بڕیارم دا نەیەمەوە بۆ لاتان، نەوەک سەردانەکەم ببێتە مایەی خەمباری، [٢]چونکە ئەگەر من خەمبارتان بکەم، کێ دڵشادم دەکات، جگە لە ئێوە کە خەمبارم کردوون؟ [٣]بۆم نووسین، بۆ ئەوەی کاتێک هاتم خەمبار نەبم لەوانەی پێویستە پێیان شادبم. لە هەمووتان دڵنیام، کە شادی من هی هەمووتانە. [٤]لە تەنگانەیەکی زۆر و دڵتەنگییەوە بە فرمێسکی زۆرەوە بۆم نووسین، نەوەک خەمبار بن، بەڵکو تاکو بزانن خۆشەویستیم بۆ ئێوە چەند قووڵە.

## لێخۆشبوون لە گوناهبار

[٥]بەڵام ئەگەر یەکێک بووە هۆی خەمباری، ئەوا تەنها منی خەمبار نەکردووە، بەڵکو تاکو ڕادەیەک هەمووتانی خەمبار کردووە، ئەگەر زۆرم نەگوتبێت. [٦]ئیتر بەسە ئەو سزایەی کە لەلایەن زۆرینەیە، [٧]بە پێچەوانەوە، باشترە گەردنی ئازاد بکەن و دڵنەوایی بکەن، نەوەک لە خەفەتی زۆرەوە هەڵبلووشرێت. [٨]لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم خۆشەویستی خۆتانی بۆ دووپات بکەنەوە، [٩]چونکە بۆ ئەمە بۆم نووسین تاکو بە سەلماندنتان بزانم، ئاخۆ لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵن. [١٠]منیش گەردنی ئەو کەسە ئازاد دەکەم کە ئێوە گەردنی ئازاد دەکەن. هەروەها ئەگەر پێویستی بەوە کردبێت گەردنی کەسێک ئازاد بکەم، ئەوا لەبەردەم مەسیح لەبەر ئێوە گەردنم ئازاد کردووە، [١١]نەوەک شەیتان لەخشتەمان ببات، چونکە لە مەبەستەکانی بێئاگا نین.

[a] ١٩ یۆنانی: سیلوانۆس.

### سەرکەوتن بەهۆی عیسا

[١٢]کاتێك هاتمە شاری ترۆیاس بۆ ئەوەی مزگێنی مەسیح ڕابگەیەنم، مەسیحی باڵادەست دەرگایەکی بۆ کردمەوە. [١٣]بەڵام گیانم پشووی نەدا، چونکە تیتۆسی برام نەدۆزییەوە. ئیتر ماڵئاواییم لێیان کرد و چووم بۆ مەکدۆنیا.

[١٤]بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی هەموو کاتێك لە کەژاوەی سەرکەوتنی مەسیحدا ڕابەرایەتیمان دەکات، لە هەموو شوێنێك بەهۆی ئێمەوە بۆنی خۆشی ناسینەکەی بڵاو دەکاتەوە، [١٥]چونکە ئێمە بۆنی خۆشی مەسیحین بۆ خودا، لەنێوان ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت و لەنێوان ئەوانەی لەناودەچن. [١٦]بۆ ئەوانە بۆنی مردنە بۆ مردن، بۆ ئەوانی دیکە بۆنی ژیانە بۆ ژیان. ئایا کێ شیاوە بۆ ئەم شتانە؟ [١٧]ئێمە وەك زۆر کەس بازرگانی بە پەیامی خوداوە ناکەین، بەڵکو بە بێ دووڕوویی لە خوداوە و لەبەردەم خودا بە ناوی مەسیح دەدوێین.

### خزمەتکاری پەیمانی نوێ

٣ ئایا دیسان دەست بەوە بکەینەوە بە خۆماندا هەڵبدەین؟ ئایا وەك هەندێك کەس، پێویستیمان بە ڕاسپاردەنامەیە بۆ ئێوە یان لە ئێوەوە؟ [٢]ئێوە نامەی ئێمەن، کە لە دڵماندا نووسراوە، کە هەموو خەڵك دەیخوێننەوە و دەیزانن. [٣]ئێوە دەرکەوتن نامەی مەسیحن، کە ئێمە خزمەتمان کردووە، بە مەرەکەب نەنووسراوە بەڵکو بە ڕۆحی خودای زیندوو، نەك لەسەر تەختەی بەردین، بەڵکو لەسەر تەختە دڵی مرۆڤ.

[٤]بەهۆی مەسیح متمانەی ئاوامان بە خودا هەیە. [٥]ئێمە خۆمان لێهاتوو نین کە بیر لە شتێك بکەینەوە و پێمان وابێت لە خۆمانەوەیە، بەڵکو لێهاتووییمان لە خوداوەیە. [٦]ئەوەی لێهاتووی کردین تاکو ببینە خزمەتکاری پەیمانی نوێ، ئەوەی پیت نییە بەڵکو ڕۆحی پیرۆزە، چونکە پیت[a] دەکوژێت، بەڵام ڕۆحەکە ژیان دەدات.

[٧]ئەگەر بێتو ئەو خزمەتەی کە بووە هۆی مردن و بە پیت لەسەر بەرد هەڵکەنراو بوو بە شکۆوە هاتبێت، تەنانەت نەوەی ئیسرائیل نەیانتوانی تەماشای ڕووی موسا بکەن، لەبەر شکۆی ڕووی کە فەوتاوە، [٨]ئیتر چەند زیاتر خزمەتی ڕۆحی پیرۆز شکۆدارتر دەبێت؟ [٩]چونکە ئەگەر خزمەتی تاوانبارکردن شکۆمەندی بێت، ئاخۆ دەبێ خزمەتی بێتاوانکردن چەند زیاتر لە شکۆمەندیدا بێت؟ [١٠]شکۆدارکراویش لە بەراورد بە شکۆی لە ڕادەبەدەر شکۆی نەماوە، [١١]چونکە ئەگەر فەوتاو لە شکۆمەندیدا بێت، ئەی ئەوەی هەمیشەییە چەند زیاتر لە شکۆمەندیدا دەبێت!

[١٢]لەبەر ئەوەی هیوایەکی ئاوامان هەیە، زۆر ئازایانە دەجوڵێینەوە، [١٣]نەك وەکو موسا کە پێچەی لەسەر ڕووی دادەنا تاکو نەوەی ئیسرائیل تەماشای کۆتایی شکۆی فەوتاو[b] نەکەن. [١٤]بەڵکو مێشکیان تاریك بووە، چونکە تاکو ئەمڕۆش، کاتێك پەیمانی کۆن دەخوێنرێتەوە هەمان پێچە ماوە و لانەدراوە، چونکە تەنها بە یەکگرتن لەگەڵ مەسیح دەتوانرێت لاببردرێت. [١٥]بەڵام تاکو ئەمڕۆ کاتێك تەوراتی موسا دەخوێنرێتەوە پێچە لەسەر دڵیان دانراوە. [١٦]بەڵام ئەگەر یەکێك بۆ یەزدان گەڕایەوە، ئەوا پێچەکە لادەچێت، [١٧]چونکە یەزدان ڕۆحەکەیە، هەروەها ڕۆحی یەزدان لەکوێ بێت، ئازادی لەوێیە. [١٨]هەموومان بە ڕوویەکی ئاشکرا وەك ئاوێنە وێنەدانەوەی شکۆی خودا دەدەینەوە، لە شکۆیەك بۆ شکۆیەك بۆ هەمان وێنە دەگۆڕدرێین، ئەوەش لە یەزدانەوەیە کە ڕۆحەکەیە.

---

[a] ٦ مەبەستی لە شەریعەتە.

[b] ١٣ مەبەستی موسا ئەوە بوو کە گەل نەبینن کە شکۆی خودا هەنگاوبەهەنگاو لەسەر ڕوخساری لادەچێت. بڕوانە دەرچوون ٣٤:٣٣-٣٥.

## دڵسۆزی لە خزمەتکردن

٤ بۆیە کە ئەم خزمەتەمان هەیە، وەك بەر
بەزەیی خودا کەوتین، وره بەرنادەین، [٢]بەڵکو
شتە شاراوەکانی سەرشۆڕیمان ڕەتکردەوە، بە
فێڵبازی ناکەین و دەستکاری پەیامی خودا ناکەین،
بەڵکو بە دەرخستنی ڕاستی، بۆ ویژدانی هەرکەسێك
لەبەردەم خودا خۆمان دەسەلمێنین. [٣]بەڵام ئەگەر
مژدەکەمان[a] شاراوە بێت، ئەوا لەنێو ئەوانە شاراوەیە
کە لەناودەچن، [٤]لێرەدا خوداوەندی ئەم دنیایە[b]
بیری بێباوەڕانی کوێر کردووە، تاکو ڕووناکی مزگێنی
شکۆی مەسیحیان بۆ نەدرەوشێتەوە، ئەوەی وێنەی
خودایە. [٥]ئێمە خۆمان ڕاناگەیەنین، بەڵکو عیسا
کە مەسیحی باڵادەستە، خۆشمان لە پێناوی عیسا
بەندەی ئێوەین، [٦]چونکە خودا، ئەوەی فەرمووی:
﴿با لە تاریکیدا ڕووناکی بدرەوشێتەوە،﴾[c] ئەو لە
دڵماندا درەوشایەوە، بۆ ڕووناککردنەوەی ناسینی
شکۆی خودا لەڕووی عیسای مەسیحدا.
[٧]بەڵام ئەم گەنجینەی هەمانە لەناو گۆزەی
گڵیندایە، تاکو دەربکەوێت کە وزەی لە ڕادەبەدەر
لە خوداوەیە نەك لە ئێمەوە. [٨]لە هەموو لایەکەوە
پەستین، بەڵام تەنگەتاو نین؛ دەشێوێین، بەڵام بێ
ئومێد نین؛ [٩]چەوسێنراوەین، بەڵام بەجێنەهێڵدراوین؛
بە زەویدا دەدرێین، بەڵام لەناو ناچین. [١٠]هەمیشە
چۆنیەتی مردنی عیسا لە لەشدا هەڵدەگرین[d]، تاکو
ژیانی عیسا لە لەشماندا دەربکەوێت، [١١]چونکە
ئێمەی زیندوو هەردەم لە پێناوی عیسا دەدرێینە
دەست مردن، تاکو ژیانی عیسا لە جەستەی
مردوومان دەربکەوێت. [١٢]کەواتە مردن لە ئێمەدا کار
دەکات، بەڵام ژیان لە ئێوەدا.

## چاونەترسی لە خزمەتکردن

[١٣]کە هەمان ڕۆحی باوەڕمان هەیە، بەگوێرەی
نووسراو: ﴿باوەڕم کرد بۆیە قسەم کرد،﴾[e] ئێمەش
باوەڕمان هەیە بۆیە قسە دەکەین. [١٤]دەزانین
ئەوەی عیسای خاوەن شکۆی هەستاندەوە ئێمەش
لەگەڵ عیسادا هەڵدەستێنێتەوە، لەگەڵ ئێوەش
دەمانباتە بەردەمی خۆی. [١٥]هەموو ئەم ئازار چێژتنە
لە پێناوی ئێوەیە، تاکو ئەو نیعمەتەی کە ئێستا
دەگاتە خەڵکێکی زیاتر ببێتە مایەی زیادکردنی
سوپاسگوزاری بۆ شکۆمەندی خودا.
[١٦]بۆیە وره بەرنادەین. ئەگەر بە ڕواڵەتیش
لەناوبچین، ئەوا ناوەڕۆکمان ڕۆژ بە ڕۆژ نوێتر
دەبێتەوە، [١٧]چونکە تەنگانەی سووك و کاتیمان
شکۆمەندییەکی گرانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە لێ دێتە
کایەوە. [١٨]ئێمە تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین،
بەڵکو شتە نەبینراوەکان، چونکە بینراوەکان کاتین،
بەڵام نەبینراوەکان هەمیشەیین.

## ماڵی هەتاهەتایی

٥ لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین، ئەگەر چادرە
زەمینییەکەمان[f] ڕووخا، خانووێکمان لە
خوداوە هەیە کە هەتاهەتاییە لە ئاسماندایە،
خانووێکی دەستکرد نییە. [٢]ئێمەش لەم چادرەدا
دەناڵێنین، شەیداین ماڵی ئاسمانیمان لە سەری
بپۆشین، [٣]چونکە ئەگەر پۆشیمان بە ڕووتی
نابینرێین. [٤]لەبەر ئەوەی لەم چادرەداین لەبەر
بارگرانی دەناڵێنین، کە نامانەوێت دایبکەنین بەڵکو
بپۆشرێین، تاکو مردن لەلایەن ژیانەوە قووت
بدرێت. [٥]خودایە ئەوەی ئێمەی بە تایبەت بۆ ئەمە
دروستکردووە، ئەویش وەك پێشەکی ڕۆحی پیرۆزی
پێمان داوە بۆ دەستەبەری ئەوەی دێت.
[٦]بۆیە هەموو کات دڵنیاین و دەزانین کە هەتا
لە لەشدا نیشتەجێ بین، لە عیسای خاوەن شکۆ
دوورین، [٧]چونکە بە باوەڕ دەڕۆین نەك بە بینراو.
[٨]ئێتر دڵنیاین و بە باشتری دەزانین، لە لەش دوور
بکەوینەوە و لەلای عیسای خاوەن شکۆ نیشتەجێ

[a] ٣ یۆنانی: ئینجیل.
[b] ٤ شەیتان.
[c] ٦ پەیدابوون ١:٣.
[d] ١٠ لەبەر خاتری عیسا ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە.
[e] ١٣ زەبوورەکان ١١٦:١٠.
[f] ١ مەبەستی لە جەستەی مرۆڤانەیە، شتێکی کاتییە.

بین. [٩]بۆیە ئامانجی بەرزمان دادەنێین، ئەگەر لە
لەشدا نیشتەجێ بین یان دوور بین، ئەو لێمان ڕازی
بێت، [١٠]چونکە دەبێت هەموومان لەبەردەم تەختی
دادگایی مەسیح دەربکەوین، تاکو هەریەکە بۆ ئەو
شتانەی بەهۆی جەستەوە کردوویەتی شایستەیی
خۆی وەربگرێت، ئەگەر باشە یاخود خراپە.

## خزمەتی ئاشتبوونەوە

[١١]لەبەر ئەوەی ترسی مەسیحی خاوەن شکۆ
لە دڵمانە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین خەڵکی قایل
بکەین. بۆ خوداش دەرکەوتین، هیوادارم بۆ ویژدانی
ئێوەش بە تەواوی دەربکەوین. [١٢]ئێمە نامانەوێ
جارێکی دیکە لە لای ئێوە بەخۆماندا هەڵبدەین،
بەڵکو دەرفەتێکتان دەدەینێ شانازیمان پێوە بکەن،
تاکو بتوانن وەڵامی ئەوانە بدەنەوە کە شانازی بە
ڕواڵەتەوە دەکەن، نەك بە دڵ. [١٣]ئەگەر مێشکمان
تێکچووبێت، لەبەر خودایە، ئەگەر هۆشمەند بین،
لەبەر ئێوەیە. [١٤]خۆشەویستی مەسیح دیلی کردووین،
چونکە دڵنیاین لەوەی کە یەکێك لە جیاتی هەموو
خەڵك مرد، بۆیە هەموو خەڵك مردن. [١٥]ئەو لەبری
هەمووان مرد تاکو زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین،
بەڵکو بۆ ئەو کەسەی لە پێناویان مرد و هەستایەوە.
[١٦]لەبەر ئەوە بە چاوی دنیاییەوە سەیری کەس
ناکەین. ئەگەر پێشتر بە چاوی دنیاییەوە سەیری
مەسیحمان کردبێت، ئیتر لەمەودوا بەو چاوە
سەیری ناکەین. [١٧]کەواتە ئەگەر هەرکەسێك لەگەڵ
مەسیحدا یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی
نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ
هات. [١٨]ئەمەش هەمووی لە خوداوەیە، کە لەگەڵ
خۆی لە ڕێگەی مەسیحەوە ئاشتی کردینەوە و
خزمەتی ئەم ئاشتبوونەوەی پێداین، [١٩]واتە خودا
بەهۆی مەسیحەوە جیهانی لەگەڵ خۆی ئاشت
دەکردەوە، گوناهەکانیان لەسەر نانووسێت و پەیامی
ئاشتبوونەوەی بە ئێمە سپاردووە. [٢٠]کەواتە ئێمە
باڵوێزی مەسیحین، خوداش لە ڕێگەی ئێمەوە جیهان
بانگهێشت دەکات، لەبری مەسیح لێتان دەپاڕێینەوە:
لەگەڵ خودا ئاشت بنەوە. [٢١]ئەوەی گوناهی
نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناە، تاکو
بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا.
٦ وەك هاوکاری خوداین، لێتان دەپاڕێینەوە
نیعمەتی خودا بێ سوود وەرمەگرن، [٢]چونکە
دەفەرموێ:

﴿لە کاتی پەسەندیم گوێم لێگرتیت،
لە ڕۆژی ڕزگاریدا یارمەتیم دایت.﴾[a]

ئەوەتا ئێستایە کاتی پەسەندی خودا و ئێستایە ڕۆژی
ڕزگاری.

## خۆسەلماندنی پۆڵس

[٣]لە هیچ شتێکدا نابینە کۆسپ، نەوەك گلەیی
بێتە سەر خزمەت، [٤]بەڵکو لە هەموو شتێکدا
وەك خزمەتکاری خودا خۆمان دەسەلمێنین: بە
دانبەخۆداگرتنی زۆرمان، لە تەنگانە، ناخۆشی و
لێقەومان، [٥]لە لێدان و زیندان و ئاژاوە، ماندووبوونی
و شەونخونی و برسێتی، [٦]بە پاکی و زانیاری و
ئارامگرتن و نیانی، بە ڕۆحی پیرۆز و خۆشەویستی
بێ دووڕوویی، [٧]لە قسەی ڕاستدا، لە هێزی خودا،
بە چەکەکانی ڕاستودروستی بۆ دەستە ڕاست و
چەپ، [٨]بە شکۆ و سووکایەتی، ناوزڕاو و ناوبانگ،
کە ڕاستگۆین و وەك فێڵباز دەبینرێین، [٩]وەك
نەناسراو بەڵام ناسراوین، وەك مردوو ئەوەتا
زیندووین، وەك سزادراو بەڵام نەکوژراوین، [١٠]وەك
خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشادین، وەك هەژار بەڵام
زۆران دەوڵەمەند دەکەین، وەك هیچمان نەبێت و
هەرچەندە هەموو شتێکمان هەیە.
[١١]ئەی کۆرنسۆسییەکان، بە ڕاشکاوی قسەتان بۆ
دەکەین و دڵمان فراوانە. [١٢]ئێمە هەست و سۆزی
خۆمانتان لێ ناستێنین، بەڵکو ئێوە لە ئێمەی
دەستێنن. [١٣]ئەمە ئاڵوگۆڕکارییە، وەك بۆ منداڵانم
دەدوێم، ئێوەش دڵتان بکەنەوە.

---

[a] ٢ ئیشایا ٨:٤٩.

## پەرستگای خودای زیندوو

١٤لەگەڵ بێباوەڕان لەژێر یەك نیردا[a] مەبن،
چونکە چ هەماهەنگییەك لەنێوان ڕاستودروستی
و خراپەدا هەیە؟ یاخود چ هاوبەشییەکە لەنێوان
تاریکی و ڕووناکیدا؟ ١٥چ ڕێککەوتنێك لەنێوان
مەسیح و بەلیعالدا[b] هەیە؟ یان باوەڕدار چ
پشکێکی لەگەڵ بێباوەڕدا هەیە؟ ١٦پەرستگای
خوداش چ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بت هەیە؟ چونکە
ئێمە پەرستگای خودای زیندووین، وەك خودا
فەرموویەتی:

﴿تێیاندا نیشتەجێ دەبم و لەگەڵیان دەڕۆم،
دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە
گەلی من.﴾[c]
١٧﴿یەزدان دەفەرموێ:
لەبەر ئەوە لەناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و
بەجێیان بهێڵن.
دەست مەدەنە هیچ گڵاوێك،
ئینجا وەرتاندەگرمەوە.﴾[d]
١٨﴿یەزدانی هەرە بە توانا ئەمە دەفەرموێت:
من دەبمە باوکی ئێوە و
ئێوەش دەبنە کوڕ و کچی من.﴾[e]

٧ خۆشەویستان، لەبەر ئەوەی ئەم بەڵێنانەمان
هەیە، با خۆمان لە هەموو گڵاوییەکی جەستە
و ڕۆح پاك بکەینەوە، لە ترسی خودا پیرۆزی تەواو
بکەین[f].

## تۆبەکردن بەهۆی خەمباری

٢دڵتان بۆمان بکەنەوە. ستەممان لە کەس
نەکردووە، ڕەوشتی کەسمان تێك نەداوە، کەسمان بۆ
ڕووتاندنەوە بەکارنەهێناوە. ٣ئەمە ناڵێم بۆ ئەوەی
تاوانبارتان بکەم، چونکە پێشتر گوتوومە کە ئێوە لە
دڵماندان بە ڕادەیەك کە ئامادەین لەگەڵتان بمرین و
لەگەڵتان بژین. ٤متمانەیەکی زۆرم پێتان هەیە و زۆر
شانازیشتان پێوە دەکەم، لە هەموو تەنگانەکانماندا
پڕبووم لە دڵنەوایی و خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر.
٥ڕاستە، لەو کاتەوەی هاتووینەتە مەکدۆنیا،
جەستەمان حەسانەوەی نەبووە، بەڵکو لە هەموو
لایەك هەراسان بووین، لە دەرەوە ناکۆکی
و لە ناوەوە ترس. ٦بەڵام خودا کە دڵنەوایی
ماتومەلوولەکان دەکات، بە هاتنی تیتۆس دڵنەوایی
کردین، ٧نەك تەنها بە هاتنی، بەڵکو بەو دڵنەواییەی
لەلایەن ئێوە کراوە. بۆی گێڕاینەوە لەبارەی پەرۆشی
و پەژارە و دڵگەرمیتان بۆ من، زیاتر دڵشاد بووم.
٨جا ئەگەر بە نامەکە خەمبارم کردبن، پەشیمان
نیم، هەرچەندە پەشیمان بوومەوە، چونکە دەبینم
نامەکە بۆ ماوەیەك خەمباری کردن. ٩بەڵام ئێستا
دڵشادم، نەك لەبەر ئەوەی خەمبار بوون، بەڵکو
لەبەر ئەوەی خەمباریتان ئێوەی بۆ تۆبەکردن برد.
بێگومان بەگوێرەی ویستی خودا خەمبار بوون، تاکو
بەهۆی ئێمەوە هیچ زیانێك نەکەن، ١٠چونکە ئەو
خەمبارییەی لە خوداوەیە، دەبێتە هۆی تۆبەکردن،
ئەمەش ئەنجامەکەی ڕزگارییە و کەس لێی پەشیمان
نابێتەوە، بەڵام ئەو خەمبارییەی لە جیهانەوەیە
دەبێتە هۆی مردن. ١١کەواتە سەیر بکەن خەمباری
بەگوێرەی ویستی خودا چەندی لە ئێوەدا بەرهەم
هێناوە: چ پەرۆشییەك، چ پاکانەیەك، چ تووڕەییەك،
چ ترسێك، چ تامەزرۆییەك، چ دڵگەرمییەك، چ
حەزێك بۆ دادپەروەری! لە هەموو شتێکدا خۆتان
سەلماند کە بێتاوانن لەو باسەدا. ١٢کەواتە ئەگەر بۆم
نووسیون، لە پێناوی تاوانبار یاخود تاوان لێکراو نییە،
بەڵکو بۆ ئەوەی لەبەردەم خودا ببینن کە ئێوە چەند
پەرۆشی ئێمەن، ١٣بۆیە دڵنەوایی کراین.
بەڵام لەسەر دڵنەواییەکە، بەهۆی دڵخۆشی
تیتۆس زۆر زیاتر دڵخۆش بووین، چونکە گیانی بە

[a] ١٤ مەبەستی لە هاوسەرگیرییە.
[b] ١٥ مەبەستی لە شەیتانە.
[c] ١٦ لێڤییەکان ١٢:٢٦ و یەرمیا ٣٨:٣٢ و حزقیێل ٢٧:٣٧.
[d] ١٧ ئیشایا ١١:٥٢ و حزقیێل ٤١،٣٤:٢٠.
[e] ١٨ دووەم ساموئێل ١٤،٨:٧.
[f] ١ تێکۆشان بۆ پاك و پیرۆزییەکی تەواو لە دڵەوە و بە ترسی خودا.

هەمووتان حەسایەوە. ١٤ئەگەر بەرامبەر ئەو شانازیم
بە ئێوەوە کردبێت، شەرمم نەکردووە، بەڵکو وەك
هەموو شتێکمان بە ڕاستگۆیی پێ گوتن، شانازیمان
لای تیتۆس بووە ڕاستی. ١٥دڵیشی زیاتر بۆتان
دەچێت کە یادی گوێڕایەڵی هەمووتان دەکاتەوە،
چۆن بە ترس و لەرزەوە پێشوازیتان لێکرد. ١٦دڵشادم
کە لە هەموو شتێکدا لێتان دڵنیام.

## بەخشین بە دڵفراوانی

٨ ئێستاش خوشکان، برایان، حەز دەکەین
نیعمەتی خودا بزانن کە دراوەتە کڵێساکانی
مەکدۆنیا. ٢ئەوان لە تەنگانەیەکی زۆر گەورەدا
بوون، بەڵام ژیانیان پڕ بوو لە خۆشی، لەگەڵ ئەوەی
زۆر هەژار بوون، بەڵام دڵفراوان و بەخشندە بوون.
٣شایەتی دەدەم کە بەگوێرەی توانای خۆیان و
تەنانەت لە سەرووی توانای خۆشیانەوە بەخشینیان
داوە، دەستپێشخەرییان کرد و ٤زۆر لێمان پاڕانەوە
تاکو نیعمەتی بەشداربوون لە خزمەتی گەلی پیرۆزی
خودا وەربگرن. ٥نەك وەکو ئەوەی چاوەڕێمان
دەکرد، بەڵکو یەکەم جار خۆیان پێشکەشی عیسای
خاوەن شکۆ کرد ئینجا ئێمە، بە خواستی خودا،
٦ئەوە بوو تکامان لە تیتۆس کرد کە ئەم نیعمەتەی[a]
لەلاتان دەستی پێکردووە تەواوی بکات. ٧بەڵام وەك
چۆن لە هەموو شتێکدا زیادتان کردووە، لە باوەڕ،
لە قسەکردن، لە زانیاری، لە هەموو کۆششێك، لە
خۆشەویستییان بۆ ئێمە، ئاوا لەم نیعمەتەش زیاد
بکەن.

٨ئەمەتان وەك فەرمانێك پێ ناڵێم، بەڵکو بە
بەراورد لەگەڵ پەرۆشی کەسانی دیکە، ڕاستەقینەیی
خۆشەویستیتان تاقی دەکەمەوە. ٩نیعمەتی عیسای
مەسیحی گەورەمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەند
بوو، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە
هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن.

١٠لەمەشدا بیروڕای خۆمتان پێ دەڵێم چونکە
ئەمە بەسوودە بۆتان: ئێوە پار دەستتان بە بەخشین
کرد، نەك تەنها ئەمەتان کردووە، بەڵکو ئارەزووشتان
دەکرد کە ئەنجامی بدەن. ١١ئێستا کارەکە تەواو
بکەن، هەروەك پەرۆشی خواستی بوون، ئاوا
تەواوکردنیش بە خواستی خۆتانە، ١٢چونکە ئەگەر
پەرۆشی هەبێت، ئەوا خودا بەگوێرەی ئەوەی کە
کەسەکە هەیەتی پەسەندی دەکات، نەك بەگوێرەی
ئەوەی نییەتی.

١٣مەبەستم ئەوە نییە خەڵکی دیکە بحەسێنەوە
و فشارم لەسەر ئێوە بێت، بەڵکو بە یەکسانی.
١٤لە کاتی ئێستادا با پڕی ئێوە کەموکوڕی ئەوان
پڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پڕی ئەوانیش
کەموکوڕی ئێوە پڕ بکاتەوە، تاکو یەکسان ببێت.
١٥وەك نووسراوە: ﴿نە ئەوەی زۆری کۆکردووەتەوە
زیادی کردووە و نە ئەوەی کەمی کۆکردووەتەوە
کەمی کردووە.﴾[b]

## ناردنی تیتۆس بۆ کورنسۆس

١٦بەڵام سوپاس بۆ خودا کە هەمان پەرۆشیی
خستە دڵی تیتۆس بۆ ئێوە، ١٧چونکە تیتۆس نەك
تەنها پێشوازی لە داواکارییەکەی کرد، بەڵکو بە
دەستپێشخەری خۆی و بەوپەڕی پەرۆشییەوە دێت
بۆ لاتان. ١٨برایەکمان لەگەڵیدا نارد کە بە هۆی
خزمەتکردنی پەیامی ئینجیل هەموو کڵێساکان
ستایشی دەکەن. ١٩نەك تەنها ئەوە، بەڵکو لەلایەن
کڵێساکانەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی یاوەریمان
بکات لە گەشتەکەماندا، لە کاتێکدا کە ئێمە
بەخشینەکە هەڵدەگرین و دابەشی دەکەین بۆ
شکۆمەندی مەسیحی خاوەن شکۆ خۆی و بۆ
پیشاندانی پەرۆشیمان بۆ خزمەت. ٢٠ئێمە خۆمان لە
هەموو گلەییەك دەپارێزین، نەوەك کەسێك ڕەخنە
لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم بەخشینە گەورەیە
بگرێت، ٢١چونکە بە نیازی چاکەین، نەك تەنها
لەبەردەم یەزدان، بەڵکو لەبەردەم خەڵکیش.

٢٢لەگەڵ ئەواندا برایەکمان نارد، کە زۆر جار لە
زۆر شت تاقیمان کردووەتەوە چالاك بووە، ئێستاش

[a] ٦ مەبەستی لە بەخشینە.

[b] ١٥ دەرچوون ١٦:١٨.

بەو دڵنیاییە زۆرەی بە ئێوەی هەیە زۆر چالاکترە. [٢٣]لەبارەی تیتۆس، ئەو هاوبەش و هاوکارمە بۆ ئێوە، بەڵام ئەم برایانە پەیامبەری کڵێساکانن و مایەی شکۆمەندین بۆ مەسیح. [٢٤]بۆیە بەڵگەی خۆشەویستی خۆتان و هۆی شانازیمان بە ئێوە بۆ ئەوان دەربخەن بۆ ئەوەی لەبەردەم کڵێساکاندا دەربکەوێت.

## بەخشین بە دڵشادییەوە

٩ سەبارەت بە خزمەتکردنی گەلی پیرۆزی خودا، پێویست نییە بۆتان بنووسم، [٢]چونکە پەرۆشیتان دەزانم و لەلای مەکدۆنییەکان شانازیم پێوە کردووە، کەوا ئێوە لە ئەخایا لە پارەوە ئامادەبوون و دڵگەرمیتان زۆربەیانی جۆشدا. [٣]بەڵام برایان دەنێرم، نەوەك شانازیکردنمان پێتانەوە بەفیڕۆ بڕوات، تاکو ئامادەبن هەروەك گوتم، [٤]چونکە ئەگەر هەندێك لە مەکدۆنییەکان لەگەڵم بێن و بینین کە ئێوە هێشتا ئامادە نین، ئەوا شەرمەزار دەبین بەهۆی ئەو متمانەیەی بە ئێوەمان هەبوو، ئێوەش شەرمەزار دەبن. با باسی ئەوەش نەکەم کە ئێوە چەندە شەرمەزار دەبن. [٥]بۆیە بە پێویستم زانی لە برایان بپاڕێمەوە، تاکو پێشڕەوی بکەن بۆ لاتان و زوو ئەو بەخشینەتان ڕێکبخەن کە پێشتر بەڵێنتان دابوو، تاکو وەك بەخشینێکی لە دڵفراوانییەوە بێت، نەك لە ناچارییەوە بێت.

[٦]ئەمەش بزانن: «ئەوەی کەم بچێنێت کەم دەدرووێتەوە، ئەوەی بە دڵفراوانی بچێنێ بە دڵفراوانی دەدرووێتەوە.» [٧]با هەریەکە ئەوەندەی لەسەر دڵیەتی بیدات، نەك بە دڵتەنگی و ناچاری، چونکە ئەوەی بە دڵخۆشییەوە ببەخشێت خودا خۆشی دەوێت. [٨]خوداش دەتوانێت هەموو نیعمەتێکتان بەسەردا بڕژێنێت، تاوەکو ئێوە هەمیشە هەموو ئەو شتانەتان هەبێت کە پێویستتانە، بۆ ئەوەی لە هەموو کارێکی باشدا سەرڕێژ بن. [٩]وەك نووسراوە:

﴿بە دڵفراوانییەوە بە هەژارانی بەخشیوە،
ڕاستودروستییەکەی هەتاهەتایە چەسپاوە.﴾[a]

[١٠]جا ئەو خودایەی تۆو بۆ جوتیار و نان بۆ خۆراك دابین دەکات، تۆوتان بۆ دابین دەکات و چەند هێندەی دەکات و بەرهەمی ڕاستودروستیتان زیاد دەکات. [١١]لە هەموو شتێکدا دەوڵەمەند دەبن تاکو هەموو کاتێك دڵفراوان بن، دڵفراوانییەکەتان لە ڕێگەی ئێمەوە سوپاسی خودای لێدەکەوێتەوە.

[١٢]ئەم خزمەتەی ئێوە دەیکەن، تەنها پێداویستییەکانی گەلی پیرۆزی خودا پڕ ناکاتەوە، بەڵکو وا دەکات کە زۆر کەس سوپاسی خودا بکەن. [١٣]لە ڕێگەی ئەو خزمەتەوە کە دەیکەن ئێوە خۆتان سەلماندووە، شکۆمەندی خودا دەردەخەن بە گوێڕایەڵی و دانپێدانانتان بە پەیامی ئینجیلی مەسیح، هەروەها دڵفراوانیتان لە بەشداریتان لەگەڵ ئەوان و هەموو لایەك. [١٤]هەروەها لە پاڕانەوەیان بۆ ئێوە، تامەزرۆی بینینی ئێوەن لەبەر ئەو نیعمەتە لە ڕادەبەدەرەی خودا کە پێتان دراوە. [١٥]سوپاس بۆ خودا لە پێناوی ئەم بەخشینەی کە بە دەم باس ناکرێت.

## بەرگری پۆڵس لە خزمەتەکەی

١٠ من وەك پۆڵس، کە بە من دەڵێن لەو کاتەی لەگەڵتانم شەرمنم، بەڵام کە لێتان دوورم بەرامبەر بە ئێوە بوێرم، بە بێفیزی و نەرمونیانی مەسیح لێتان دەپاڕێمەوە و [٢]داواتان لێ دەکەم ناچارم مەکەن کاتێك لەلاتانم ئەو بوێرییەم بەکاربهێنم، چونکە پێم وایە هەر دەبێت بەکاریبهێنم بەرامبەر بەو کەسانەی کە پێیان وایە ئێمە بەگوێرەی بنەمای جیهان دەژین. [٣]هەرچەندە لە جیهاندا دەژین، بەڵام بەگوێرەی بنەمای جیهان ناجەنگین، [٤]چونکە ئەو چەکەی شەڕی پێدەکەین جیهانی نییە، بەڵکو چەکی خوداییە کە توانای وێرانکردنی قەڵای هەیە. [٥]هەموو بەڵگەیەك و هەر شتێك کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری

---

[a] ٩ زەبوورەکان ١١٢:٩.

خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش
بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین. [٦]هەر کاتێك
ئێوە تەواو ملکەچ بوون، ئەو کاتە ئامادەین سزای
هەموو یاخیبوونێك بدەین.

[٧]ئێوە سەیری ڕواڵەت دەکەن. ئەگەر یەکێك
دڵنیابێت کە هی مەسیحە، با ئەوە بزانێت کە وەك
چۆن ئەو هی مەسیحە، ئێمەش بە هەمان ئەندازە
هی مەسیحین. [٨]ئەگەر تۆزێك زیاتر شانازیم بە
دەسەڵاتمانەوە کردبێت ئەوەی مەسیحی باڵادەست
داویەتی بۆ بنیادنانتان نەك بۆ وێرانکردنتان، شەرمی
پێوە ناکەم. [٩]نامەوێ وا دەرکەوم کە بە نامەکان
دەتانترسێنم. [١٠]لەوانەیە هەندێك بڵێن: «نامەکان
قورس و بەهێزن، بەڵام ئامادەبوونی خۆی لاوازە و
قسە بەتاڵە.» [١١]با ئەو جۆرە کەسانە بزانن، ئەوەی لە
دوورەوە و بە ڕێگای نامە بۆتان دەنووسین، هەمان
ئەو شتە دەکەین کاتێك لەلاتان بین.

[١٢]ئێمە ناوێرین خۆمان لەگەڵ ئەوانە بەراورد
بکەین یاخود خۆمان بخەینە ڕیزی ئەوانەی کە
بەخۆیاندا هەڵدەدەن. کاتێك خۆیان بە خۆیان
بەراورد دەکەن و دەپێون، ئیتر هیچ تێناگەن.
[١٣]بەڵام ئێمە زیاد لە پێوانە شانازی ناکەین، بەڵکو
بەگوێرەی پێوانەی ئەو سنوورەی خودا بۆی داناوین،
تاکو ئاستێك کە بگەینە ئێوەش. [١٤]ئێمە سنووری
خۆمان نابەزێنین کە شانازیتان پێوە دەکەین، بەوەی
گەیشتینە ئێوە، چونکە بە خزمەتی ڕاگەیاندنی
مزگێنی مەسیح گەیشتینە ئێوەش. [١٥]زیاد لە ڕادەی
خۆی شانازی بە ڕەنجی خەڵکییەوە ناکەین،
بەڵام هیوادارین کاتێك باوەڕتان گەشە دەکات،
لەنێوتاندا سنووری خزمەتەکەمان زۆر زیاتر بێت،
[١٦]تاکو مزگێنی بدەینە ئەو ناوچانەش کە لە ئێوە
دوورترن، نامانەوێت شانازی بکەین بەو کارەی کە
پێشوەخت لە سنووری یەکێکی دیکە ئەنجام دراوە.
[١٧]﴿ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە یەزدانەوە
بکات.﴾[a] [١٨]ئەوەی بە خۆیدا هەڵدەدات پەسەند
ناکرێت، بەڵکو ئەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ پێیدا
هەڵدەدات.

## پۆڵس و نێردراوە درۆزنەکان

١١ هیوادارم بەرگەی هەندێك گێلایەتی من
بگرن، هەرچەندە بەرگەشم دەگرن. [٢]بە
ئیرەییەکی[b] خوداییانە ئیرەییتان پێ دەبەم، چونکە
لە پیاوێك نیشانم کردن، تاکو وەك پاکیزەیەکی پاك
پێشکەشی مەسیحتان بکەم. [٣]بەڵام دەترسم، وەك
مارەکە حەوای بە فێڵەکەی هەڵخەڵەتاند، بیری
ئێوەش لەو دڵسۆزی و پاکییە بۆ مەسیح چەواشە
بکرێت، [٤]چونکە ئەگەر یەکێك بێت و عیسایەکی
دیکە[c] ڕابگەیەنێت جیاواز لەوەی ڕامانگەیاند، یان
ڕۆحێکی دیکە وەربگرن جیاواز لەوەی وەرتانگرت،
یان مزگێنییەکی دیکە ڕابگەیەنێت جیاواز لەوەی
وەرتانگرت، ئەوا بە ئاسانی وەریدەگرن. [٥]پێم وایە
هیچم لەو «نێردراوە بەرزانە» کەمتر نییە. [٦]ئەگەر
لە قسەکردندا زمان پاراو نەبم، خۆ زانیاریم هەیە،
بەڵکو لە هەر لایەك و لە هەموو شتێك بۆ ئێوەمان
دەرخست.

[٧]یاخود گوناهم کردووە کە خۆمم نزم کردەوە
تاکو ئێوە بەرز بنەوە، چونکە بەخۆڕایی مژدەی
ئینجیلی خودام بۆ جاڕدان؟ [٨]کڵێساکانی دیکەم تاڵان
کرد کە خەرجیم لێیان وەرگرت بۆ خزمەتەکەتان.
[٩]کاتێك لەگەڵتان بووم و پێویستیم هەبوو، نەبوومە
بار بۆ کەس، چونکە برایان لە مەکدۆنیاوە هاتن
پێویستییەکانی منیان پڕکردەوە. لە هەموو شتێکدا
خۆمم پاراست بۆ ئەوەی بارگرانی نەخەمە سەرتان و
بەردەوام خۆمی لێ دەپارێزم. [١٠]وەك ڕاستی مەسیح
لە مندایە، لە ناوچەکانی ئەخایا ئەم شانازیەم
لێ ناسەنرێتەوە. [١١]بۆچی؟ ئایا چونکە ئێوەم
خۆشناوێت؟ خودا دەزانێت.

[١٢]بەڵام ئەوەی دەیکەم، وا دەیکەم بۆ ئەوەی

[a] ١٧ یەرمیا ٩:٢٤.

[b] ٢ ئیرەیی: واتای هەڵوێستی توندی خودا بەرامبەر بە لادان لە فێرکردنی ئینجیل، چونکە خودا دەیەوێ تەنها ئەو بپەرسترێت.

[c] ٤ بەکارهێنانی ناوی (عیسا)، بەڵام بە فێرکردنێکی جیاواز.

هەلی هەڵپەرستان ببڕم کە شانازی دەکەن و دەیانەوێت دەریبخەن گوایا ئەوان وەك ئێمەن، [١٣]چونکە ئەمانە نێردراوی درۆزنن و کارگەری فێڵبازن، خۆیان لە شێوەی نێردراوی مەسیح دەردەخەن. [١٤]سەیر نییە، چونکە شەیتان خۆی لە شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەردەخات. [١٥]کەواتە شتێکی سەیر نییە ئەگەر خزمەتکارانی خۆیان لە شێوەی خزمەتکاری ڕاستودروستی دەربخەن. دواڕۆژیان بەگوێرەی کرداریان دەبێت.

## ئازاری پۆڵس لە خزمەتی مەسیح

[١٦]دیسان دەیڵێمەوە: کەس بە گێلم نەزانێت، بەڵام ئەگەر بە گێلم دەزانن ئەوا وەك گێلێك بەرگەم بگرن، بۆ ئەوەی منیش تۆزێك شانازی بکەم. [١٧]بە متمانەوە شانازی دەکەم، نەك بەو شێوەیەی کە مەسیحی باڵادەست قسە دەکات، بەڵکو وەك لە نەزانییەوە بێت. [١٨]لەبەر ئەوەی زۆر کەس بەگوێرەی بنەمای جیهان شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، منیش شانازی دەکەم. [١٩]لەبەر ئەوەی خۆتان ئەوەندە دانان[a]، بە شادییەوە بەرگەی گێلەکان دەگرن. [٢٠]لە ڕاستیدا، ئەگەر یەکێك ئێوە بکاتە کۆیلە بەرگە دەگرن، ئەگەر یەکێك بتانخوات، ئەگەر یەکێك بۆ خۆی بتانقۆزێتەوە، ئەگەر یەکێك خۆی بەرز بکاتەوە، یاخود ئەگەر یەکێك لە ڕووتان بدات، بەرگە دەگرن! [٢١]بە شەرمەزارییەوە، پێویستە بڵێم سەبارەت بەمە چەند لاواز بووین!

هەرچییەك ئەوان دەوێرن شانازی پێوە بکەن، هەروەها منیش دەوێرم، دەزانم کە گێلانە قسە دەکەم. [٢٢]ئایا ئەوان عیبرانین؟ منیش. ئایا ئیسرائیلین؟ منیش. ئایا نەوەی ئیبراهیمن؟ منیش. [٢٣]ئایا خزمەتکاری مەسیحن؟ من باشترم، بەڵام وەك شێتێك قسە دەکەم. من زۆر زیاتر لەوان ڕەنجم کێشاوە، لەوان زیاتر لە زینداندا بووم، زۆر خراپتر دارکاری کراوم، زۆر جاریش ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوە. [٢٤]جولەکەکان بە قامچی پێنج جار چل قامچی کەم یەکیان لێداوم[b]، [٢٥]سێ جار دارکاری کراوم، جارێك بەردباران کراوم، سێ جار لە کەشتیدا بووم و شکاوە، شەو و ڕۆژێکم لە قووڵایی دەریادا[c] بەسەربرد. [٢٦]بەهۆی زۆر گەشتکردنمەوە تووشی مەترسی ڕووبار و چەتە بووم، مەترسی لە گەلەکەم و نەتەوەکانی دیکە، مەترسی لە شار و لە دەشت، مەترسی لە دەریا، مەترسی لە خوشك و برایانی درۆزن، [٢٧]بە ڕەنجدان و ماندووبوونی، بە شەونخونی زۆر، بە برسێتی و تینوێتی، بە ڕۆژووگرتنی زۆر، بە سەرما و ڕووتی. [٢٨]ئەمانە هەموو لەلایەك، ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخدان بە هەموو کڵێساکان لەسەرم کەڵەکە دەبێت. [٢٩]کێ لاوازە و من لەگەڵی لاواز نابم؟ کێ کەوتووەتە گوناه و من ناسووتێم؟

[٣٠]ئەگەر پێویست بە شانازیکردن بکات، ئەوا بەو شتانەوە شانازی دەکەم کە لاوازیم دەردەخەن. [٣١]خودا، باوکی عیسای خاوەن شکۆ ئەوەی هەتاهەتایە ستایش دەکرێت دەزانێت درۆ ناکەم. [٣٢]لە دیمەشق، فەرمانڕەوایەکەی ئاریتاسی پاشا پاسەوانی شاری دیمەشقییەکانیان دەکرد، بۆ گرتنم. [٣٣]بەڵام لەناو سەبەتەدا و لە پەنجەرەی شووراکە منیان شۆڕکردەوە و لە دەستی ڕزگارم بوو.

## بینینی پۆڵس و دڕکی لەش

١٢ پێویستە شانازی بکەم، هەرچەندە سوودبەخش نییە، جا بۆ بینینی یەزدان و ئاشکراکراوی[d] ئەو دێم. [٢]مرۆڤێك دەناسم کەر سەر بە مەسیحە، پێش چواردە ساڵ خودا بردی بۆ ئاسمانی سێیەم، ئایا بە لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت. [٣]دەزانم ئەو مرۆڤە، بە

[a] ١٩ پۆڵس لێرەدا بەتەوسەوە (یان بە گاڵتەجاڕییەوە) قسە دەکات.

[b] ٢٤ هەروەك لە دواوتار ٢٥:١-٣ دا هاتووە ئەوپەڕی لێدان (٤٠) قامچییە و نابێ زیاتر بێ، ٣٩ قامچییان لێداوە نەوەك لە ژماردن هەڵە بکەن و زیاتری لێ بدەن.

[c] ٢٥ لەو شوێنەی دەریادا کە وشکانی دیار نییە.

[d] ١ ئەو شتانەی یەزدان لە ڕێگای سروشەوە بۆی ئاشکرا دەکات.

لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت، [٤]بۆ
بەهەشت بردرا، قسەیەکی بیست کە دەرنابڕدرێت
و مرۆڤ نابێت باسی بکات. [٥]شانازی بەو کەسەوە
دەکەم، بەڵام شانازی بە خۆمەوە ناکەم، مەگەر بە
لاوازییەکانم نەبێت، [٦]چونکە ئەگەر بمەوێت شانازی
بکەم، گێل نابم، چونکە ڕاستی دەڵێم، بەڵام خۆم
دەپارێزم نەوەك یەکێك وا لە من بگات زیاتر لەوەی
دەمبینن و لێم دەبیستن.

[٧]بۆ ئەوەی بە گەورەیی ئەو بینینەی بۆم ئاشکرا
کرا لووتبەرز نەبم، لە جەستەدا دڕکێکم درایێ،
وەك ئەوەی لەلایەن شەیتانەوە نێردرابێت تاکو
ئازارم بدات، تاکو لووتبەرز نەبم. [٨]بۆ ئەمە سێ جار
لە عیسای خاوەن شکۆ پاڕامەوە لە کۆڵم بکاتەوە،
[٩]بەڵام پێی فەرمووم: «نیعمەتی منت بەسە، چونکە
هێزی من لە لاوازیدا تەواو دەبێت.» بۆیە بەوپەڕی
شادییەوە شانازی بە لاوازیمەوە دەکەم، تاکو هێزی
مەسیح بێتە سەرم. [١٠]بۆیە لە پێناوی مەسیحدا، بە
لاوازی و سووکایەتی و ناخۆشی و چەوسانەوە و
تەنگانە دڵخۆش دەبم، چونکە هەر کاتێك لاوازبم
ئەوا بەهێزم.

[١١]بوومە گێل، بەڵام ئێوە ناچارتان کردم. دەبووایە
ئێوە پێمدا هەڵبدەن، چونکە هیچم لە «نێردراوە
بەرزەکان» کەمتر نییە، هەرچەندە هیچ نیم.
[١٢]بەوپەڕی دانبەخۆداگرتنەوە نیشانەکانی نێردراو
لەنێوانتاندا ئەنجام درا، بە نیشانە و کاری مەزن و
پەرجوو. [١٣]چیتان لە کڵێساکانی دیکە کەمترە، جگە
لەوەش خۆم نەبوومەتە بارێکی گران بەسەرتانەوە؟
لەم هەڵەیە گەردنم ئازاد بکەن!

[١٤]ئەوا سێیەم جارە ئامادەم بێمە لاتان، نابمە
بارگرانی بۆتان. داوای شتەکانتان ناکەم، بەڵکو داوای
ئێوە دەکەم، چونکە پێویست ناکات منداڵ بۆ دایك
و باوك کۆبکەنەوە، بەڵکو پێویستە دایك و باوك
بۆ منداڵ کۆبکەنەوە. [١٥]منیش بەوپەڕی شادییەوە
بۆ ئێوە خەرج دەکەم، خۆم خەرجی دەکەم.
ئەگەر ئێوەم زۆرتر خۆشدەوێت، ئایا منتان کەمتر
خۆشدەوێت؟ [١٦]ئیتر با وابێت، بارم گران نەکردوون.
بەڵام کە فێڵبازم[a] ، بە فێڵ لێم سەندوون. [١٧]ئایا
ئەو کەسانەی کە من بۆ لای ئێوەم ناردوون، هیچ
قازانجێکیان بۆ خودی خۆم هەبووە؟ [١٨]لە کاتێکدا لە
تیتۆس پاڕامەوە تاوەکو بێت بۆ لاتان، ئەو برایەی کە
خۆتان دەیناسن لەگەڵیدا ناردم. ئایا تیتۆس بەهۆی
ئێوەوە هیچ قازانجێکی کردووە؟ ئایا بە هەمان ڕۆح
ناژین، بە هەمان هەنگاو ناڕۆین؟

[١٩]ئایا پێتان وابووە ئەم ماوە درێژە ئەوەی کە
دەیڵێین بۆ بەرگریکردن بووە لە خۆمان؟ نەخێر،
بە ناوی مەسیحەوە ئەم هەموو شتە لەبەردەم
خودا دەڵێین. ئەی خۆشەویستان، مەبەستی
ئێمە ئەوەیە کە ئێوە بنیاد بنێین، [٢٠]چونکە من
دەترسم کاتێك دێم بۆ لاتان، بەو جۆرە نەتانبینم
کە دەمەوێت، ئێوەش بەو جۆرەی کە دەتانەوێت
نەمبینن، نەوەك لەنێوانتاندا ناکۆکی، چاوپیسی،
تووڕەیی، خۆپەرستی، بوختان، قسە هێنانو بردن،
لەخۆباییبوون، بێسەروبەری هەبێت. [٢١]هەروەها
جارێکی تر کە دێمەوە لاتان، دەترسم خودا من
لەنێوتان نزم بکاتەوە و خەفەت بخۆم بۆ زۆر کەس
کە پێشتر گوناهیان کردووە و تۆبەیان نەکردووە لەو
گڵاوی و بەڕەڵایی و بەدڕەوشتییەی کە کردوویانە.

## خۆتان تاقی بکەنەوە

١٣ ئەمە سێیەم جارە کە دێمە لاتان. ﴿هەر
بابەتێك لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت
ڕاستییەکەی دەسەلمێنرێت.﴾[b] [٢]پێشتر گوتوومە
وەك دووەم جار لەلاتان بووم و ئێستاش کە لێتان
دوورم دەیڵێمەوە، بۆ ئەوانەی پێشتر گوناهیان
کردووە و بۆ هەموو ئەوانەی دیکەش: کە دێمەوە
بەزەییم نابێت، [٣]چونکە ئێوە داوای بەڵگە دەکەن
کە مەسیح لە ڕێگەی منەوە دەدوێت. ئەو لە
هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئێوە لاواز نییە، بەڵکو
لەنێوتاندا بەهێزە. [٤]هەرچەندە لە لاوازیدا لە خاچ
درا، بەڵام بە هێزی خودا دەژیێت. هەروەها ئێمەش

[a] ١٦ لێرەدا پۆڵس بە گاڵتەجاڕییەوە قسە دەکات.
[b] ١ دواوتار ١٩:١٥.

لاوازین هەروەك چۆن مەسیح لاواز بوو، بەڵام ئێمە
لە هەڵسوکەوتکردنمان لەگەڵ ئێوە بە هێزی خودا
لەگەڵ ئەودا دەژین.
٥خۆتان تاقی بکەنەوە ئاخۆ ئێوە باوەڕدارن. لە
خۆتان بکۆڵنەوە. ئایا نازانن کە عیسای مەسیح لە
ئێوەدایە؟ مەگەر لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوو نەبوون.
٦بەڵام هیوادارم بزانن کە ئێمە نەکەوتووین. ٧ئینجا
لە خودا دەپاڕێینەوە کە ئێوە هیچ خراپەیەك نەکەن،
ئەمەش لەبەر ئەوە نییە بۆ ئەوەی دەربکەوێت
کە ئێمە بەرگەی تاقیکردنەوەمان گرتووە، بەڵکو
تەنها بۆ ئەوەیە کە ئێوە چی چاك و ڕاستە بیکەن،
هەرچەندە خەڵکی بە سەرنەکەوتوومان دابنێن،
٨چونکە ناتوانین هیچ شتێك لە دژی ڕاستی بکەین،
بەڵکو لە پێناوی ڕاستی. ٩شادین کە لاوازین و ئێوە
بەهێزن، نوێژی ئێمەش بۆ تەواوی ئێوەیە. ١٠بۆیە
ئەمانە دەنووسم و دوورم، تاوەکو کاتێك لەلاتان
ئامادە دەبم بە ڕەقی نەجوڵێمەوە، بەگوێرەی ئەو
دەسەڵاتەی مەسیحی باڵادەست پێی بەخشیوم بۆ
بنیادنانتان، نەك بۆ وێرانکردنتان.

## هاندان و سڵاوی کۆتایی

١١لە کۆتاییدا، خوشکان، برایان دڵشاد بن. بۆ
تەواوی هەوڵ بدەن، یەکتری هانبدەن، هاوبیر بن،
بە ئاشتی بژین. ئەوسا خودای خۆشەویستی و ئاشتی
لەگەڵتان دەبێت.
١٢بە ماچی پیرۆز سڵاو لە یەکتری بکەن. ١٣هەموو
گەلی پیرۆزی خودا لێرە سڵاوتان لێدەکەن.
١٤با نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و
خۆشەویستی خودا و هاوبەشی ڕۆحی پیرۆز لەگەڵ
هەمووتان بێت.

# نامەی پۆڵس بۆ کڵێساکانی گەلاتیا

## کورتە باسێك

لەوانەیە پۆڵس لە نزیکەی ساڵی (٤٩ ز.) لە ئەنتاکیای سوریاوە ئەم نامەیەی بۆ کڵێساکانی گەلاتیا نووسیبێ، کە لە یەکەمین گەشتی مزگێنیدەرییێتی خۆی دایمەزراندوون، (ئەنتاکیا و کۆنیا و لیسترا و دەربە. بڕوانە کردار ١٣:١٣-١٤:٢٠.) ئەم کڵێسایانە لە تێکەڵەی جولەکە و نەتەوەکان پێکهاتبوون. هەندێك لە مامۆستایانی جولەکە دەیانگوت پێویستە باوەڕدارانی نوێ کە لە نەتەوەکانەوە هاتوون هەندێك بنەمای تەورات بەجێبهێنن، بە تایبەتی خەتەنەکردن.

پۆڵس لەم نامەیەدا لە ئاستی ئینجیلێکی چەواشەکار دەوەستێتەوە کە ئینجیلی ڕاستەقینە نییە. وێڕای داکۆکیکردن لە نێردراوییێتی خۆی بەرگری لە دەسەڵاتی ئینجیلی ڕاستەقینەی خودا دەکات. کە بێتاوانکردن لەلای خوداوە تەنها بە باوەڕهێنانە بە کەفارەتی مەسیح، نەك بە کردار (بڕوانە ٢:١٥-١٦). ئەم بێتاوانکردنە ئازادی ڕاستەقینەیە لە خوداوە، «مەسیح ئازادی کردین تاکو بە ئازادی بژین. بۆیە چەسپاو بن و جارێکی دیکە ملکەچی نیری کۆیلایەتی مەبن.» (٥:١).

باسی چۆنیەتی نێردراوییێتی خۆی دەکات، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پەترۆس سەبارەت بەو جیاوازییەی لە هەڵسوکەوت لەسەر ئینجیل هەیان بوو (٢:١١). بابەتەکە بە بێتاوانکردنی ئیبراهیمەوە دەبەستێتەوە کە ئەویش هەر بە باوەڕەکەی بێتاوانکردنی بەدەستهێنا، باوەڕدارانیش کە کوڕانی ئیبراهیمن لە ڕێگای بەڵێن و باوەڕ بێتاوان دەبن. ئازادییەکەشمان لەگەڵ مەسیح بە هێزی ڕۆحی پیرۆزە کە لە دڵمانەوە بەرهەم دێت: «خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون.» ٥:٢٢-٢٣. ڕۆحی پیرۆز پاڵنەرە بۆ ئەوەی خزمەتی هەموو کەس بکەین نەك بەردەوام بین لە هەڵەکردن و ڕکابەریکردنی یەکتری.

١ لە پۆڵسەوە، ئەوەی نە لەلایەن خەڵك و نە
بەهۆی مرۆڤێکە نێردراوە، بەڵکو لەلایەن
عیسای مەسیح و خودای باوکە، کە لەنێو مردووان
هەڵیستاندەوە، [٢]هەروەها هەموو ئەو برایانەی
لەگەڵمدان،
بۆ ئەو کڵێسایانەی لە گەلاتیان:
[٣]با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت، [٤]ئەوەی لە
پێناوی گوناهەکانمان خۆی بەخشی، تاکو بەگوێرەی
خواستی خودای باوکمان، لەم دنیایە خراپەی ئێستا
ڕزگارمان بکات. [٥]هەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە.
ئامین.

## مژدەیەکی دیکە نییە

[٦]پێم سەیرە چۆن وا بە خێرایی، لەوەی بە
نیعمەتی مەسیح بانگی کردوون، بۆ ئینجیلێکی
دیکە[b] وەردەگەڕێن! [٧]ئینجیلێکی دیکە بوونی
نییە، بەڵکو هەندێك کەس دەیانەوێت سەرتان
لێ بشێوێنن و پەیامی ئینجیلی مەسیح بگۆڕن.
[٨]بەڵام تەنانەت ئەگەر ئێمە یان فریشتەی ئاسمان
ئینجیلێکمان پێدان، جگە لەو ئینجیلەی ئێمە پێمان
دان، با نەفرەت لێکراو بێت. [٩]وەك پێشتر پێمان
گوتوون ئێستاش پێتان دەڵێمەوە: ئەگەر یەکێك
ئینجیلێکی پێدان جگە لەوەی پەسەندتان کرد، با
نەفرەت لێکراو بێت.
[١٠]ئایا ئێستا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك
هەوڵ دەدەم، یاخود ڕەزامەندی خودا؟ یان ئایا

[a] ٣ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ٦ مەبەست لە مژدەیەکی جیاوازە.

داوای ئەوە دەکەم خەڵك ڕازی بکەم؟ ئەگەر هەتا ئێستا خەریکی ڕازیکردنی خەڵك بوومایە، ئەوا نەدەبوومە بەندەی مەسیح.

## چۆن پۆڵس بوو بە نێردراو؟

[١١]پێتان دەڵێم، خوشکان، برایان، ئەو پەیامەی ئینجیل کە جاڕم بۆی داوە، لە مرۆڤەوە نییە. [١٢]لە کەسیشم وەرنەگرتووە و فێریش نەکراوم، بەڵکو بە ئاشکراکردنی عیسای مەسیح وەرمگرتووە.

[١٣]بێگومان سەربوردەی منتان بیستووە لە جولەکایەتی، دڕندانە کڵێسای خودام دەچەوساندەوە و هەوڵم داوە لەناوی ببەم. [١٤]لە جولەکایەتی پێش زۆربەی خەڵك کەوتم لە نەوەی خۆم، زۆر دڵگەرمتر بووم لەوان بۆ دابونەریتی باوکان. [١٥]بەڵام کاتێك خودا کە لە سکی دایکمەوە تەرخانی کردم، بە نیعمەتی خۆی بانگی کردم، خۆشحاڵ بوو [١٦]کوڕەکەی لە مندا دەربکەوێت، تاکو لەناو نەتەوەکان مژدە بدەم، دەستبەجێ ڕاوێژم بە کەس نەکرد، [١٧]سەرنەکەوتمە ئۆرشەلیم بۆ لای ئەوانەی پێش من نێردراو بوون، بەڵکو ڕۆیشتم بۆ عەرەبستان و دیسان گەڕامەوە دیمەشق.

[١٨]ئینجا دوای سێ ساڵ سەرکەوتمە ئۆرشەلیم، بۆ ئەوەی پەترۆس[a] بناسم، پازدە ڕۆژ لای ئەو مامەوە. [١٩]بەڵام جگە لە یاقوبی برای عیسای خاوەن شکۆ هیچ نێردراوێکی دیکەم نەبینی. [٢٠]خودا دەزانێت ئەوەی بۆتان دەنووسم درۆ نییە. [٢١]دوایی چوومە هەرێمەکانی سوریا و کیلیکیا، [٢٢]بەڵام هێشتا لەلای کڵێساکانی یەهودیا کە سەر بە مەسیحن بە ڕوخسار نەناسراو بووم، [٢٣]تەنها بیستبوویان: «ئەوەی جاران ئێمەی دەچەوساندەوە، ئێستا مژدەی ئەو باوەڕە دەدات، کە جاران لەناوی دەبرد.» [٢٤]بەهۆی منەوە ستایشی خودایان دەکرد.

[a] ١٨ یۆنانی: کێفاس.

## ڕازیبوون بە خزمەتی پۆڵس

٢ دوای چواردە ساڵ لەگەڵ بەرناباس گەڕامەوە ئۆرشەلیم، تیتۆسم لەگەڵ خۆم برد. [٢]گەڕانەوەکەم بەگوێرەی ئاشکراکردنێك بوو، ئەو پەیامەی ئینجیل کە لەنێو نەتەوەکان جاڕی دەدەم، خستمە بەردەمیان، بەڵام بۆ گەورە پیاوانی کڵێسا بە تەنها، تاکو ئەوەی بۆی ڕادەکەم و ڕامکردووە بەفیڕۆ نەڕوات. [٣]بەڵام هەرچەندە تیتۆس کە لەگەڵم بوو یۆنانی بوو، زۆریان لێ نەکرد خەتەنە بکرێت. [٤]ئەم بابەتە لەوەوە سەری هەڵدا هەندێك برایانی درۆزن دزەیان کردبووە ناومان. هاتبوون بمانکەن بە کۆیلە لە ڕێگەی سیخوڕیکردن لەسەر ئەم ئازادییەی کە بەهۆی یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح هەمانە. [٥]بۆ کاتژمێرێکیش ملکەچیان نەبووین، تاکو ڕاستی ئینجیل لەگەڵتان بمێنێتەوە.

[٦]بەڵام ئەوانەی بە گەورە پیاو دادەنران، هەرچییەك بن، بەلای منەوە گرنگ نییە، چونکە خودا تەماشای ڕواڵەتی مرۆڤ ناکات، ئەوان هیچیان بۆ پەیامەکەم زیاد نەکرد. [٧]بەڵکو بە پێچەوانەوە، بینییان کە پەیامی ئینجیل بۆ نەتەوەکان[b] بە من سپێردراوە، هەروەك پەیامی ئینجیل بۆ جولەکەکان بە پەترۆس سپێردراوە، [٨]چونکە خودا بەهۆی پەترۆس وەك نێردراو بۆ جولەکەکان کاری دەکرد، لە منیشدا بۆ نەتەوەکان کاری دەکرد. [٩]کاتێك یاقوب و پەترۆس و یۆحەنا کە بە کۆڵەکە دانرابوون، بەم نیعمەتەیان زانی کە بە من دراوە، ئەوسا ئەوان دەستی ڕاستی هاوبەشیان بۆ من و بەرناباس درێژکرد، تاکو ئێمە بۆ لای نەتەوەکان بچین و ئەوانیش بۆ لای جولەکەکان بچن. [١٠]تەنها داوایان کرد هەژاران لەیاد نەکەین، ئەمەش شتێکە هەمیشە کۆششم بۆی کردووە.

## سەرزەنشتکردنی پەترۆس

[١١]بەڵام کاتێك پەترۆس هاتە ئەنتاکیا، ڕووبەڕوو بەربەرەکانێم کرد، لەبەر ئەوەی گلەیی لەسەر

[b] ٧ یۆنانی: خەتەنە نەکراوان.

بوو، ١٢چونکە پێشتر کەسانێك لەلای یاقوبەوە
هاتبوون، لەگەڵ ناجولەکەکان نانی دەخوارد، بەڵام
کاتێك ئەوان هاتن، لە ترسی ئەو تاقمەی کە دەڵێن
دەبێ باوەڕدار خەتەنە بکرێت[a]، خۆی کێشایەوە.
١٣جولەکەکانی دیکەش لەگەڵیدا دەستیان بە
دووڕوویی کرد، تەنانەت بەرناباسیش بە دووڕووییان
چەواشە بوو.

١٤کاتێك بینیم بەگوێرەی ڕێگای ڕاستی پەیامی
ئینجیل نارۆن، لەبەرچاوی هەمووان بە پەترۆسم
گوت: «ئەگەر تۆ جولەکەی، وەك ناجولەکە دەژیت
نەك وەکو جولەکە، ئیتر چۆن ئەو ناجولەکانە ناچار
دەکەیت نەریتی جولەکەکان پەیڕەو بکەن؟

١٥«ئێمە بە جولەکەیی لەدایك بووین و لە نەتەوە
گوناهبارەکان نین، ١٦دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە
شەریعەت بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە عیسای
مەسیح. جا ئێمە باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێنا
تاکو بە باوەڕ بە مەسیح بێتاوان بکرێین، ئەمەش
نەك بە کارکردن بە شەریعەت، چونکە لە ڕێی
کارکردن بە شەریعەت کەس بێتاوان ناکرێت.

١٧«بەڵام ئەگەر ئێمە لە هەوڵدانمان بۆ بێتاوانبوون
بە مەسیح، خۆمان دۆزییەوە کە گوناهبارین، ئیتر
ئایا مەسیح خزمەتکاری گوناهە؟ بێگومان نەخێر!
١٨ئەگەر من شتێك بنیاد بنێمەوە کە لەپێشدا
تێکمدابێت، ئەوا دەیسەلمێنم سەرپێچیکارم،
١٩چونکە لە ڕێگەی شەریعەت بۆ شەریعەت مردم،
تاکو بۆ خودا بژیم. ٢٠من لەگەڵ مەسیح لە خاچ
درام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژییێت، بەڵکو مەسیحە
لە مندا دەژییێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم،
ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی
خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من. ٢١من
نیعمەتی خودا پووچەڵ ناکەمەوە، چونکە ئەگەر
بێتاوانی بە شەریعەت بووایە، ئەوا مردنی مەسیح
بێ سوود بوو.»

[a] ١٢ ڕێبازەکە دەڵێت کە بێ خەتەنەکردن مرۆڤ ڕزگاری نابێت.

## باوەڕ یان بەجێگەیاندنی شەریعەت؟

٣ ئەی گەلاتیاییە گێلەکان! کێ جادووی
لێکردوون؟ لەپێش چاوتان وێنەی عیسای
مەسیح بە لە خاچ دراوی کێشرا! ٢تەنها دەمەوێ
ئەوەتان لێ فێربم: ئایا بەهۆی کارکردن بە شەریعەت
ڕۆحی پیرۆزتان وەرگرت، یاخود بەهۆی باوەڕ بەوەی
بیستتان؟ ٣ئایا تاکو ئەم ڕادەیە گێلن! ئێوە کە
بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە دەستتان پێکرد، ئایا ئێستا
دەتانەوێت بەهۆی جەستەوە کۆتایی پێ بهێنن؟
٤ئایا لەخۆڕایی ئەوەندە ئازارتان چێژت؟ ئایا بەڕاستی
لەخۆڕایی بوو؟ ٥ئەوەی ڕۆحتان پێ دەبەخشێت و
لەنێوانتاندا پەرجوو دەکات، ئایا بەهۆی کارکردنە بە
شەریعەت، یاخود بەهۆی باوەڕە بەوەی بیسترا؟

٦وەك چۆن ئیبراهیم ﴿باوەڕی بە خودا هێنا،
ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.﴾[b] ٧جا بزانن
ئەوانەی لە باوەڕدان، نەوەی ئیبراهیمن. ٨نووسراوە
پیرۆزەکە پێشتر بینیویەتی کە خودا نەتەوەکان
بەهۆی باوەڕ بێتاوان دەکات، پێشتر مژدەی بە
ئیبراهیم دا، پێی فەرموو: ﴿هەموو نەتەوەکان لە
ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.﴾[c] ٩کەواتە ئەوانەی
باوەڕدارن، لەگەڵ ئیبراهیمی باوەڕدار بەرەکەتدار
دەبن.

١٠هەموو ئەوانەی پشت بە کرداری شەریعەت
دەبەستن، لەژێر نەفرەتن، چونکە نووسراوە:
﴿هەرکەسێك لە هەموو نووسراوی پەڕتووکەکانی
تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت
لێکراوە.﴾[d] ١١ئاشکرایە لە بەرامبەر خودا کەس
بە شەریعەت بێتاوان ناکرێت، چونکە: ﴿ئەوەی
ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژییێت.﴾[e][f] ١٢بەڵام
شەریعەت پشت بە باوەڕ نابەستێت، بەڵکو: ﴿ئەو

[b] ٦ پەیدابوون ٦:١٥.

[c] ٨ پەیدابوون ٣:١٢؛ ١٨:١٨ و ١٨:٢٢.

[d] ١٠ دواوتار ٢٦:٢٧.

[e] ١١ بە واتای: ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان دەکرێت، دەژییێت.

[f] ١١ حەبەقوق ٤:٢.

کەسەی پەیڕەویان بکات، بە هۆیانەوە دەژیێت.﴾[a]
١٣مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە،
بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت، چونکە نووسراوە:
﴿هەرکەسێك لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت
لێکراوە.﴾[b] ١٤ئەو ئێمەی کڕییەوە بۆ ئەوەی لە
ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بەرەکەتی ئیبراهیم بۆ
نەتەوەکان بێت، تاکو بەهۆی باوەڕەوە بەڵێنی
ڕۆحی پیرۆز بەدەستبهێنین.

## پەیمانی خودا و شەریعەت

١٥خوشکان، برایان، با نموونەیەکی مرۆڤانەتان
بۆ بهێنمەوە: ئەگەر یەکێك پەیمانێکی مۆرکراوی
پێ بێت، کەس ناتوانێت بەتاڵی بکاتەوە یاخود
شتێکی بخاتە سەر. ١٦هەروەك بەڵێنەکان بۆ
ئیبراهیم و نەوەکەی گوتراوە. نووسراوە پیرۆزەکە
نافەرموێت: «بە نەوەکان» وەك ئەوەی زۆر بن،
بەڵام ﴿بە نەوەی تۆ،﴾[c] واتە یەك، ئەوەی مەسیحە.
١٧مەبەستم ئەوەیە: ئەو شەریعەتەی پاش چوار سەد
و سی ساڵ هات، پەیمانی چەسپاوی پێشووی خودا
هەڵناوەشێنێتەوە، تاکو بەڵێنەکە بشکێنێت، ١٨چونکە
ئەگەر میرات بەهۆی شەریعەتەوە هەبێت، ئیتر
بەهۆی بەڵێنەوە نییە. بەڵام خودا بە نیعمەتی خۆی
بەڵێنی بە ئیبراهیم دا.

## مەبەستی شەریعەت

١٩کەواتە شەریعەت بۆ چییە؟ بەهۆی
پێشێلکردنەکانەوە زیادکراوە، هەتا ئەو کاتەی نەوەی
بەڵێنپێدراو[d] دێت، لە ڕێگەی فریشتەکان بە دەستی
پەیوەندی ڕێکخەرێك[e] ڕێکخرا. ٢٠پەیوەندی ڕێکخەر
تەنها نوێنەری یەك لایەن نییە، بەڵام خودا یەکە.

٢١ئایا تەورات لە دژی بەڵێنەکانی خودایە؟ نەخێر!
چونکە هیچ شەریعەتێك نەدەبوو بتوانێت ژیان
ببەخشێت، ئەگینا ڕاستودروستی بە تەورات دەبوو.
٢٢بەڵام نووسراوە پیرۆزەکە هەمووی کردووەتە
بەندی گوناه،[f] تاکو ئەو بەڵێنەی لە ڕێگەی عیسای
مەسیحەوە و بەهۆی باوەڕەوە دراوە، بۆ ئەوانە بێتە
دی کە باوەڕ دەهێنن.
٢٣پێش ئەوەی باوەڕ بێت، لەلایەن تەوراتەوە بەند
کرابووین، لە ژوورەوە کرابووین هەتا ئاشکراکردنی
باوەڕەکەی داهاتوو. ٢٤تەورات پەروەردەی دەکردین
تاکو بمانهێنێت بۆ لای مەسیح، بۆ ئەوەی بە باوەڕ
بێتاوان بکرێین. ٢٥بەڵام دوای هاتنی باوەڕ، ئێمە ئیتر
لەژێر سایەی تەمبێکار نین.

## ڕۆڵەکانی خودا

٢٦هەمووتان لە ڕێگەی باوەڕەوە ڕۆڵەی خودان،
بەو یەکبوونەی کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا هەتانە،
٢٧چونکە کاتێك لە ئاو هەڵکێشران، هەمووتان لەگەڵ
مەسیح یەکتانگرت و مەسیحتان وەك جلوبەرگێك
لەبەرکرد. ٢٨جولەکە و ناجولەکە نییە، کۆیلە و ئازاد
نییە، ژن و پیاو نییە، چونکە هەمووتان بەهۆی
یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیح، یەکن. ٢٩جا ئەگەر
ئێوە هی مەسیح بن، ئەوا لە نەوەی ئیبراهیمن و
بەگوێرەی بەڵێنەکە میراتگرن.
٤ پێتان بڵێم: ئەگەر میراتگر ناکام بێت
جیاوازیی نابێت لەگەڵ کۆیلە، هەرچەندە
میراتگرەکە خاوەنی هەموو میراتەکەیە، ٢بەڵام لەژێر
دەسەڵاتی سەرپەرشتیکار و سەرکاردا دەمێنێتەوە
هەتا ئەو ماوەیەی کە باوکی دیاریی کردووە.
٣ئێمەش بە هەمان شێوە، کاتێك ناکام بووین کۆیلەی
دەستی بنەما سەرەکییەکانی جیهان بووین. ٤بەڵام کە
کاتی تەواوی خۆی هات، خودا کوڕی خۆی نارد، لە
ژنێك لەدایك بوو، لە سایەی تەورات لەدایك بوو، ٥بۆ
ئەوەی ئەوانە بکڕێتەوە کە لە سایەی شەریعەتدان،

[a] ١٢ لێڤییەکان ٥:١٨.
[b] ١٣ دواوتار ٢٣:٢١.
[c] ١٦ پەیدابوون ٧:١٢ (ئەم زەوییە دەدەمە نەوەی تۆ.)، کاتێك خودا بەڵێن بە ئیبراهیم دەدات.
[d] ١٩ مەبەست لە مەسیحە.
[e] ١٩ مەبەست لە موسایە.
[f] ٢٢ بۆ نموونە زەبوورەکان ٣:١٤.

تاکو وەك ڕۆڵە لەخۆگرتنەوە[a] بەدەستبهێنین. [٦]لەبەر
ئەوەی ئێوە ڕۆڵەی خودان، خودا ڕۆحی کوڕەکەی
خۆی ناردە دڵتانەوە، بە هاوارەوە دەیفەرموو: «بابە!
باوکە!» [٧]کەواتە ئیتر کۆیلە نیت، بەڵکو کوڕی، ئەگەر
کوڕیش بیت، ئەوا خودا تۆی کردووەتە میراتگر.

## سەرسوڕمانی پۆڵس

[٨]بەڵام لەو کاتەیدا خوداتان نەدەناسی، کۆیلەی
ئەوانە بوون کە بە سروشت خودا نین. [٩]بەڵام ئێستا
خودا دەناسن، ڕاستتریش لەلای خوداوە ناسران، ئایا
چۆن دیسان دەگەڕێنەوە لای بنەما سەرەکییە لاواز و
هەژارەکان؟ ئایا دەتانەوێ سەرلەنوێ ببنەوە کۆیلەی
ئەوانە؟ [١٠]ئایا بایەخ بە ڕۆژ و مانگ و وەرزی تایبەت
و ساڵان دەدەن؟ [١١]دەترسم بەخۆڕایی لە پێناوتان
ماندووبووبم.

[١٢]خوشکان، برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، وەکو من
بن، چونکە من خۆم وەکو ئێوەم لێهات. هەڵەتان
لەگەڵم نەکردووە. [١٣]هەروەك دەزانن بەهۆی
نەخۆشییەکەمەوە بوو کە یەکەم جار مژدەم پێدان،
[١٤]نەخۆشییەکەم تاقیکردنەوەیەکی ئاسان نەبوو
بۆتان، بەڵام بە چاوێکی سووك سەیرتان نەکردم و
ڕقتان لێم نەبووەوە، بەڵکو وەك فریشتەی خودا،
وەك عیسای مەسیح پێشوازیتان لێکردم. [١٥]ئەو
خۆشییەتان چی بەسەرهات؟ چونکە شایەتیتان بۆ
دەدەم ئەگەر بتانتوانیایە چاوی خۆتان دەردەهێنا و
دەتاندامێ. [١٦]ئایا ئێستا بوومە دوژمنی ئێوە، چونکە
ڕاستیتان پێ دەڵێم؟

[١٧]ئەوانە دڵگەرمن بۆ ئێوە، نیازیان باش نییە،
بەڵکو دەیانەوێت بتانترازێنن تاکو بۆ ئەوان دڵگەرم
بن. [١٨]دڵگەرمی شتێکی باشە، ئەگەر هەموو کاتێك
بە مەبەستێکی پاك بێت، نەك تەنها ئەو کاتەی
من لەگەڵتان بم. [١٩]ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، جارێکی
دیکە لە پێناوتاندا ژانی منداڵبوون دەچێژم، هەتا
وێنەی مەسیح لە ژیانتاندا بەرجەستە دەبێت،

[a] ٥ منداڵی کەسێکی دیکە وەك منداڵی خۆی پەروەردە دەکات و هەموو مافەکانی پێدەدات.

[٢٠]بەڵام دەمویست ئێستا لەگەڵتان بم، بۆ ئەوەی بە
شێوەیەکی دیکە لەگەڵتان بدوێم، چونکە سەرم لە
ئێوە سوڕماوە.

## نموونەی هاجەر و سارا

[٢١]ئەی ئەوانەی حەز دەکەن لەژێر سایەی
شەریعەتدا بن، پێم بڵێن، ئایا تەورات نابیستن؟
[٢٢]چونکە نووسراوە کە ئیبراهیم دوو کوڕی هەبووە،
یەکێکیان لە کۆیلەکە، ئەوی دیکەیان لە ئازادەکە[b].
[٢٣]ئەوەی لە کۆیلەکە بوو بەگوێرەی جەستە لەدایك
بوو، بەڵام ئەوەی لە ئازادەکە، بە بەڵێن بووە.
[٢٤]هەموو ئەمانەش هێمان، چونکە ئەو دوو ژنە
دوو پەیمانەکەن، یەکێکیان لە شاخی سیناوەیە،
بۆ کۆیلایەتی منداڵی دەبێت، ئەوەش هاجەرە.
[٢٥]هاجەر هێمایە بۆ شاخی سینا لە عەرەبستان،
ئەو ئۆرشەلیمەی ئێستا دەنوێنێت، ئەویش لەگەڵ
منداڵەکانی کۆیلەن. [٢٦]بەڵام ئۆرشەلیمی سەرەوە
ئازادە، دایکی ئێمەیە، [٢٧]چونکە نووسراوە:

﴿ئەی نەزۆك، دڵشادبە،
ئەی ئەوەی منداڵت نەبووە،
ئەی ئەوەی ژانت نەگرتووە،
لە خۆشیدا بە دەنگی بەرز هاوار بکە،
چونکە منداڵی ژنی بەجێهێڵراو[c] زیاترن
لەوەی مێردی لەگەڵیەتی.﴾[d]

[٢٨]بەڵام ئێوە، خوشکان و برایان، وەك ئیسحاق
منداڵی بەڵێنن. [٢٩]جا چۆن لە کاتێکدا ئەوەی
بەگوێرەی جەستە لەدایك بوو، ئەوەی چەوساندەوە
کە بەگوێرەی ڕۆحی پیرۆز لەدایك ببوو، ئێستاش
ئاوایە. [٣٠]بەڵام نووسراوە پیرۆزەکە چی دەفەرموێ؟
﴿کەنیزەکە و کوڕەکەی دەربکە، چونکە کوڕی

[b] ٢٢ بڕوانە پەیدابوون بەشەکانی ١٦ و ٢١.

[c] ٢٧ ژنی بەجێهێڵراو: دەربڕینێکی مەجازییە مەبەستی لە ئۆرشەلیمی ئاسمانییە، بڕوانە عیبرانییەکان ٢٢:١٢.

[d] ٢٧ ئیشایا ١:٥٤.

کەنیزەکە لەگەڵ کوڕی ئازادەکە نابێتە میراتگر.﴾[a]
[٣١]کەواتە ئەی خوشك و برایان، ئێمە منداڵی کۆیلەکە
نین، بەڵکو هی ئازادەکەین.

## ئازادی بە مەسیح

٥ مەسیح ئازادی کردین تاکو بە ئازادی بژین.
بۆیە چەسپاو بن و جارێکی دیکە ملکەچی
نیری کۆیلایەتی مەبن.
[٢]ئاگاداربن، من پۆڵسم پێتان دەڵێم: ئەگەر
ڕێبدەن خەتەنە بکرێن ئەوا مەسیح هیچ سوودێکی
بۆتان نابێت! [٣]دیسان شایەتی دەدەم، هەر مرۆڤێك
ڕێ بدات خەتەنە بکرێت، دەبێت کار بە هەموو
شەریعەت بکات. [٤]ئەی ئەوانەی دەتانەوێت بە
شەریعەت بێتاوان بکرێن، ئەوا لە مەسیح جیا
بوونەوە، لە نیعمەتی خودا کەوتن. [٥]بەڵام ئێمە لە
ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە، بە باوەڕ، چاوەڕێی هیوای
ڕاستودروستین. [٦]بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا
خەتەنەکردن یان نەکردن هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو
ئەو باوەڕەی بە خۆشەویستی کار دەکات.
[٧]باش ڕاتاندەکرد. کێ ڕێی لێ گرتن تاکو گوێڕایەڵی
ڕاستی نەبن؟ [٨]ئەم بیروباوەڕە لەلایەن ئەوەوە
نییە کە بانگتان دەکات. [٩]«هەویرترشێکی بچووك،
هەموو هەویرەکە هەڵدێنێت.» [١٠]لەبەر ئەوەی
ئێمە لەگەڵ مەسیح یەکین، دڵنیام کە بە شێوەیەکی
دیکە بیرناکەنەوە. جا ئەوەی بتانشێوێنێ سزای
خۆی وەردەگرێت، هەر چ کەسێك بێت. [١١]بەڵام
خوشکان، برایان، ئەگەر هەتا ئێستا من خەتەنەکردن
ڕادەگەیەنم، ئیتر بۆچی هەتا ئێستا دەچەوسێمەوە؟
کەواتە کۆسپی خاچ لادراوە. [١٢]خۆزگە ئەو کەسانەی
دەتانشێوێنن، بخەسێنرێن.
[١٣]ئەی خوشك و برایانم، ئێوە بۆ ئازادی بانگکراون،
بەڵام ئازادی مەقۆزنەوە بۆ ڕازیکردنی سروشتی
دنیایی، بەڵکو بە خۆشەویستی خزمەتی یەکتری
بکەن، [١٤]چونکە تەورات هەمووی لە یەك ڕاسپاردەدا
دێتە دی: ﴿نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت.﴾[b]
[١٥]ئەگەر پەلاماری یەکتری بدەن و یەکتری بخۆن،
ئاگاداربن یەکتری لەناونەبەن.

## ڕۆح و جەستە

[١٦]پێتان دەڵێم: بە ڕۆحی پیرۆز بژین، ئارەزووی
سروشتی دنیایی تێر مەکەن، [١٧]چونکە ئارەزووی
سروشتی دنیایی لە دژی ڕۆحەکەیە، ڕۆحەکەش لە
دژی سروشتی دنیاییە. هەریەکەیان بەربەرەکانێی
ئەوی دیکە دەکات، تاکو ئەوە نەکەن کە دەتانەوێت.
[١٨]بەڵام ئەگەر ئێوە بە ڕۆحەکە بەڕێوەتان ببات، ئەوا
لەژێر سایەی شەریعەتدا نین.
[١٩]ئێستا کردەوەکانی سروشتی دنیایی مرۆڤ
ڕوونن، ئەوانیش: داوێنپیسی، گڵاوی، بەڕەڵایی،
[٢٠]بتپەرستی، جادووگەری، دوژمنایەتی، یاخیبوون،
دڵپیسی، تووڕەبوون، خۆپەرستی، دووبەرەکی،
ناکۆکی، [٢١]چاوپیسی، سەرخۆشی، ڕابواردن، شتی
دیکەی وەك ئەمانە، ئاگادارتان دەکەمەوە، وەك
پێشتر ئاگادارم کردوونەتەوە: ئەوانەی ئەو کارانە
دەکەن نابنە میراتگری شانشینی خودا.
[٢٢]بەڵام بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە:
خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی،
چاکە، دڵسۆزی، [٢٣]دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون.
شەریعەت نییە لە دژی ئەمانە بێت. [٢٤]بەڵام ئەوانەی
هی عیسای مەسیحن سروشتی دنیاییان لەگەڵ حەز
و ئارەزووەکانیان لە خاچ داوە. [٢٥]ئەگەر بە ڕۆحی
پیرۆز بژین، با هەنگاوەکانی ڕۆحەکەش بپارێزین.
[٢٦]با لەخۆبایی نەبین، یەکتری تووڕە نەکەین، لەگەڵ
یەکتری چاوپیس نەبین.

## باری یەکتری هەڵگرن

٦ خوشکان، برایان، ئەگەر کەسێك تووشی
گوناهێك بوو، با ئێوەی ڕۆحانی کەسی ئاوا
بە ڕۆح نەرمی ڕاست بکەنەوە. سەیری خۆشت بکە
نەوەك تۆش بکەویتە تاقیکردنەوە. [٢]باری یەکتری

[a] ٣٠ پەیدابوون ١٠:٢١.
[b] ١٤ لێڤییەکان ١٨:١٩.

هەڵگرن و بەم شێوەیە شەریعەتی مەسیح بهێننە
دی. [٣]ئەگەر یەکێك خۆی بە شتێك زانی، هیچیش
نەبوو، ئەوا خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت. [٤]بەڵام با
هەریەکە کرداری خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوسا با تەنها
شانازی بە خۆیەوە بکات، نەك بە کەسێکی دیکەوە،
[٥]چونکە هەرکەسێك باری خۆی هەڵدەگرێت.
[٦]ئەو کەسەی فێری وشەی خودا[a] دەکرێت،
دەبێت فێرکارەکەی لە هەموو شتێکی باشدا بەشدار
بکات.
[٧]هەڵمەخەڵەتێن، خودا گاڵتەی پێ ناکرێت. مرۆڤ
چی بچێنێت، ئەوە دەدروێتەوە. [٨]ئەوەی بۆ سروشتی
دنیایی خۆی بچێنێت، گەندەڵی لە سروشتی دنیایی
دەدرویێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ڕۆحی پیرۆز بچێنێت
لە ڕۆحەکەوە ژیانی هەتاهەتایی دەدرویێتەوە.
[٩]کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر ورە
بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین. [١٠]ئینجا
هەروەك دەرفەتمان هەیە، با چاکە لەگەڵ هەمووان
بکەین، بە تایبەتی لەگەڵ خێزانی باوەڕداران.

## بوونەوەرێکی نوێ

[١١]سەیر بکەن، ئەو پیتانە کە بە دەستی خۆم
نووسیومە چەندە گەورەن.[b]

[١٢]ئەوانەی دەیانەوێت لە جەستەدا ڕواڵەتێکی
چاك دروستبکەن، ئەوانە ناچارتان دەکەن
خەتەنە بکرێن، تەنها تاکو لەبەر خاچی مەسیح
نەچەوسێنرێنەوە. [١٣]ئەوانەی خەتەنەکراون، تەورات
پەیڕەو ناکەن، تەنها دەیانەوێت ئێوە خەتەنە بکرێن،
تاکو شانازی بە جەستەی ئێوەوە بکەن. [١٤]لە من
بەدوور بێت شانازی بە هیچ شتێکەوە بکەم، جگە
لە خاچی عیسای مەسیحی گەورەمان، کە بەهۆیەوە
جیهان بۆ من لە خاچ دراوە، منیش بۆ جیهان،
[١٥]چونکە نە خەتەنەکردن سوودی هەیە و نە خەتەنە
نەکردنیش، بەڵکو بەدیهێنراوی نوێ. [١٦]با ئاشتی و
بەزەیی بۆ هەموو ئەوانە بێت کە ئەم یاسایە پەیڕەو
دەکەن، بۆ گەلی ئیسرائیلی خوداش.
[١٧]ئیتر با کەس گرفتم بۆ دروستنەکات، چونکە
نیشانەکانی عیسام لە لەشدا هەڵگرتووە.
[١٨]خوشکان و برایان، با نیعمەتی عیسای مەسیحی
گەورەمان لەگەڵ ڕۆحتان بێت. ئامین.

[a] ٦ مەبەست لە کتێبی پیرۆزە.

[b] ١١ نامەکە دەستنووسی یارمەتیدەرە و بەشی کۆتایی دەستنووسی پۆڵس خۆیەتی، بۆ سەلماندنی سەرچاوەی نامەکە.

# نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی ئەفەسۆس

## کورتە باسێك

ئەفەسۆس گرنگترین شار بووە لە ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا)، نزیك شاری ئەزمیری ئێستا. لەسەر دەریای ئیجە بەندەری هەبوو، ناوەندێکی گەورەی بازرگانی بوو. پەرستگایەکی بەناوبانگی ئەرتەمیسی لێبوو (کردار ١٩:٢٣-٣٩). پۆڵس ماوەی سێ ساڵ ئەفەسۆسی کردە ناوەندێکی خزمەت بۆ ئاسیا (کردار ١٨:١٩-٢٠:٣٨).

مێژووی نووسینی ئەو نامەیە لە دەوروبەری ساڵی (٦٠ ز.) لە کاتێکدایە کە پۆڵس لە ڕۆما لە بەندیخانە بوو. ئەم نامەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قسەلۆك و کێشە لەنێو کڵێسادا نەنووسراوە، بەڵکو بۆ درێژەدان بە تێگەیشتنی باوەڕداران لە پلانی هەتاهەتایی خودا و گەورەیی نیعمەتەکەی، تاکو ئامانجی سەرەکی خودا بۆ کڵێساکەی بزانن.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ ئەم نامەیە بۆ چوار بەش دابەش بکرێت:

١. ژیانی نوێ کە خودا لە ڕێگای مەسیحەوە دەیبەخشێت (١:١-٢:١٠).
٢. کۆمەڵگای نوێ (کڵێسا) کە خودا دروستی کردووە (٢:١١-٣:٢١).
٣. داواکارییە نوێیەکانی خودا بۆ یەکێتی و پاکێتی لەناو کڵێسای خۆی (٤:١-٥:٢٠).
٤. پەیوەندییە نوێیەکان لەنێوان خێزان و جەنگی نوێ لە دژی شەیتان (٥:٢١-٦:٢٠).

١ لە پۆڵسەوە کە بە خواستی خودا نێردراوی عیسای مەسیحە،
بۆ گەلی پیرۆزی خودا لە شاری ئەفەسۆس، باوەڕدارانی عیسای مەسیح:
[٢]با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

### بەرەکەتی ڕۆحی لە مەسیحەوە

[٣]ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، ئەوەی بەهۆی باوەڕمان بە مەسیح بە هەموو بەرەکەتێکی ڕۆحی لە شوێنەکانی ئاسماندا[b] بەرەکەتداری کردووین، [٤]وەك پێش دامەزراندنی جیهان بە یەکبوونمان لەگەڵ مەسیح هەڵیبژاردین، تاکو لەبەردەمی پیرۆز و بێ گلەیی بین. [٥]پێشتر بە خۆشەویستی ئێمەی دیاری کرد، تاکو لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بەگوێرەی خواستی خۆشحاڵانەی، وەکو منداڵی خۆی لە خۆیمان بگرێتەوە[c]، [٦]ئەمەش دەبێتە مایەی ستایشکردنی نیعمەتە شکۆدارەکەی کە بەهۆی مەسیح کە خۆشەویستی ئەوە بەخۆڕایی پێمانی داوە. [٧]لە ڕێگەی خوێنی مەسیح کڕدراینەوە، واتە لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت، بەگوێرەی دەوڵەمەندی نیعمەتەکەی، [٨]ئەوەی بەوپەڕی دانایی و تێگەیشتنەوە بەسەرمانی دابارand. [٩]نهێنی خواستی خۆی پێ ناساندین، بەگوێرەی خۆشحاڵی خۆی کە لە ڕێگەی مەسیحەوە مەبەستی بوو، [١٠]بۆ بەجێگەیاندنی لە تەواوی زەمانەدا، تاکو هەموو شتێك لە زەوی و ئاسمان لەژێر دەسەڵاتی مەسیحدا و لە ڕێگەی ئەوەوە یەك بخات.

[١١]خودا پێشوەخت بەهۆی مەسیحەوە ئێمەی هەڵبژارد تاکو بەگوێرەی پلانەکەی بۆ ئەو بین. خودا هەموو شتێك بەگوێرەی مەبەست و ویستی خۆی بەڕێوە دەبات، [١٢]بۆ ئەوەی ئێمە کە یەکەمین بووین هیوای خۆمان بە مەسیحەوە گرێ بدەین،

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ٣ شوێنەکانی ئاسمان: مەبەست لەو شوێنەیە کە خودا سەبارەت بە ژیانی ڕۆحیمان بڕیار دەدات. بڕوانە ١:٢٠، ٢:٦، ٣:١٠، ٦:١٢.

[c] ٥ لێرەدا زاراوەیەکی یاسایی لە دەقی یۆنانی هاتووە کە لەو سەردەمدا بەپێی دابونەریتی ڕۆما مەبەست لە بەخشینی تەواوی مافی میراتگری نێرینە بووە.

ببینە مایەی ستایشکردن بۆ شکۆی مەسیح. [13]کاتێك گوێتان لە پەیامی ڕاستی گرت کە مزگێنی ڕزگاریتانە، ئێوەش لەگەڵ مەسیح یەکتانگرت و ئەو یەکێتییەتان لەگەڵ مەسیح سەلمێنرا، چونکە کاتێك باوەڕتان هێنا ڕۆحی پیرۆزی بەڵێنپێدراو وەك مۆرێك دەستنیشانی کردن. [14]ڕۆحی پیرۆزیش پێشەکی دەستەبەری میراتەکەمانە، بۆ کڕینەوەی گەلی تایبەتی خودا، بۆ ستایشکردنی شکۆیەکەی.

## نوێژ بۆ ڕۆحی دانایی

[15]لەبەر ئەم هۆیە کاتێك منیش باوەڕی ئێوەم بیست بە عیسای خاوەن شکۆ و خۆشەویستیتان بۆ هەموو گەلی پیرۆزی خودا، [16]بێ وەستان لە پێناوتاندا سوپاسی خودا دەکەم، لە نوێژەکانمدا یادتان دەکەم. [17]داوا دەکەم لە باوکی شکۆدار، کە خودای عیسای مەسیحی گەورەمانە، ڕۆحی دانایی و ئاشکراکردنتان بداتێ هەتا بتوانن بە شێوەیەکی دروست بیناسن. [18]نزا دەکەم بیروهۆشتان ڕووناك بێتەوە تاکو بزانن چییە ئەو هیوایەی ئێوەی بۆ بانگ کراون، هەروەها تێبگەن میراتەکەی چەند شکۆدار و دەوڵەمەندە بۆ خوشك و برا پیرۆزەکان، [19]هەروەها گەورەیی بێ سنووری هێزەکەشی بۆ ئێمە کە باوەڕدارین. ئەم هێزە هەمان ئەو توانا مەزنەیە [20]کە خودا بەکاریهێنا ئەو کاتەی کە مەسیحی لەنێو مردووان هەستاندەوە و لە دەستەڕاستی خۆی لە شوێنەکانی ئاسماندا داینا، [21]لە سەرووی هەموو فەرمانڕەوا و حوکمڕان و هێز و دەسەڵاتێك و هەموو ئەوانەی ناویان هەیە، نەك تەنها لەم دنیایە، بەڵکو لەو دنیاش. [22]خودا هەموو شتێکی خستە ژێر پێیەکانی، لە سەرووی هەموو شتێکدا کردییە سەر بۆ کڵێسا، [23]کە جەستەی مەسیحە، واتە پڕیی ئەو بە هەموو شێوەیەك هەموو گەردوون پڕ دەکات.

## زیندووبوونەوە لەگەڵ مەسیح

٢ ئێوەش بەهۆی خراپە و گوناهەکانتانەوە مردبوون [2]کە پێشتر تێیدا دەژیان کاتێك پەیڕەوی ڕێبازی ئەم جیهانە و سەرۆکی دەسەڵاتی هەواتان دەکرد، ئەو ڕۆحەی ئێستا لە یاخیبووواندا کار دەکات. [3]ئێمەش هەموو لەوان بووین، لە هەوەسەکانی سروشتی دنیاییماندا دەژیاین، بە خواستەکانی ئەم سروشتە و بیرەکانیمان دەکرد، وەکو خەڵکی دیکە بە سروشت شایانی تووڕەیی خودا بووین. [4]بەڵام خودا کە دەوڵەمەندە لە بەزەیی، لەبەر ئەو خۆشەویستییە مەزنەی بۆ ئێمەی دەربڕیوە، [5]ئێمە کە بەهۆی گوناهەکان مردبووین، لەگەڵ مەسیح زیندووی کردینەوە. بە نیعمەت ڕزگارتان بووە. [6]خودا ئێمەی کە سەر بە عیسای مەسیحین لەگەڵ ئەودا هەستاندەوە و لە شوێنەکانی ئاسمان داینایین، [7]تاکو لە دنیای داهاتوو دەوڵەمەندی نیعمەتی بێ هاوتای خۆی لە ڕێگەی میهرەبانییەکەیەوە بەهۆی عیسای مەسیح دەربخات. [8]لەبەر ئەوەی بە نیعمەت ڕزگارتان بوو لە ڕێگەی باوەڕەوە، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، [9]بە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات، [10]چونکە ئێمە دروستکراوی دەستی خوداین، بە یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح دەبینە بەدیهێنراوێك بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین.

## مەسیح ئاشتی ئێمەیە

[11]بۆیە وەبیرتان بێتەوە، ئێوە بە جولەکەیی لەدایك نەبوون، پێتان دەگوترا «خەتەنە نەکراو» لەلایەن ئەوانەی پێیان دەگوترا «خەتەنەکراو»، ئەوەی لە جەستەدا بە دەست کراوە، [12]ئەو کاتە بێ مەسیح بوون، لە هاوڵاتییەتی ئیسرائیل بێگانە بوون و لە پەیمانەکانی بەڵێن نامۆ بوون، لە جیهاندا بێ هیوا و بێ خودا بوون. [13]بەڵام ئێوە ئێستا لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن، هەرچەندە پێشتر دوور بوون، بە خوێنی مەسیح نزیك بوونەوە.

[14]لەبەر ئەوەی مەسیح ئاشتی ئێمەیە، جولەکە و ناجولەکەی کرد بە یەك، دیواری ناوبڕی دوژمنایەتی ڕووخاند، [15]بە جەستەی خۆی تەوراتی بە فەرمان

و فەرزەکانییەوە بەلاوە نا[a]، بە ئامانجی ئەوەی بە
یەکبوونیان لەگەڵ خۆی لە هەردووکیان[b] مرۆڤێکی
نوێ دروستبکات و بەم شێوەیە ئاشتی بچەسپێنێت،
١٦ تاکو هەردووکیان لە یەك لەشدا لەگەڵ خودا
ئاشت بکاتەوە بە خاچ، بەوەش دوژمنایەتیی
لەناوبرد. ١٧ مەسیح هات و مژدەی ئاشتیی پێدان، بۆ
ئێوە کە دوورن و نزیکن، ١٨ چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە
هەردوو لامان لە یەك ڕۆحدا ڕێپێدراوییێتیمان[c] هەیە
بۆ چوونە لای باوك.

١٩ بۆیە ئیتر نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو دەبنە
هاوڵاتی لەگەڵ گەلی پیرۆزی خودا و بنەماڵەی خودا،
٢٠ لەسەر بناغەی نێردراوان و پێغەمبەران بنیاد نراون،
عیسای مەسیحیش خۆی گرنگترین بەردی بناغەیە[d].
٢١ هەموو خانووەکە لە ڕێگەی مەسیحەوە بەیەکەوە
بەستراوە و گەشە دەکات هەتا ببێتە پەرستگایەکی
پیرۆز بۆ مەسیح. ٢٢ ئێوەش بەهۆی ئەوەوە پێکەوە
بنیادنراون، خانووێك بۆ خودا لە ڕۆحدا.

## پەیامی پۆڵس بۆ نەتەوەکان

٣ بەهۆی ئەمەوە[e]، من کە پۆڵسم، لە پێناوی
ئێوەی ناجولەکە ئێستا دیلی عیسای مەسیحم...
٢ بێگومان گوێتان لەوە بووە کە ئەرکی ڕاگەیاندنی
نیعمەتی خودا بۆ ئێوە بە من سپێردراوە، ٣ کە خودا
بە ئاشکراکردنی نهێنییەکەی بۆ دەرخستم، وەك
پێشتر بە کورتی نووسیم. ٤ بە خوێندنەوەی، دەتوانن
لە تێگەیشتنی من لە نهێنی مەسیح حاڵی بن، ٥ ئەو
نهێنییەی بۆ هیچ کەسێك لە نەوەکانی پێشتر ئاشکرا
نەکراوە، وەك ئێستا بە ڕۆحی پیرۆز بۆ نێردراوە
پیرۆزەکانی و پێغەمبەران ئاشکرا کرا. ٦ ئەم نهێنییەش
ئەوەیە کە لە ڕێگەی پەیامی ئینجیلەوە ناجولەکە
بوو بە هاومیراتی جولەکە، ئەندامانی یەك لەشن،
هەروەها هاوبەشن لەو بەڵێنەی کە درا بەوانەی
لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن.

٧ بەپێی هێزە کردەییەکەی خودا و بەگوێرەی
بەخشینی نیعمەتەکەی کە پێمدرا، بوومە
خزمەتکاری پەیامی ئینجیل. ٨ هەرچەندە من
بچووکترینی هەموو گەلی پیرۆزی خودام، ئەم
نیعمەتە درایە من: مژدەی دەوڵەمەندی بێ سنووری
مەسیح بدەمە نەتەوەکان و ٩ پلانی ئەم نهێنییە بۆ
هەمووان ڕوون بکەمەوە، ئەوەی لە دێرزەمانەوە
بەهۆی خوداوە شاردراوەتەوە، ئەوەی هەموو
شتێکی بەدیهێناوە، ١٠ بۆ ئەوەی ئێستا لە ڕێگەی
کڵێساوە، دانایی هەمەجۆرەی خودا بۆ فەرمانڕەوا
و دەسەڵاتداران لە شوێنەکانی ئاسمان زانراو بێت،
١١ بەگوێرەی خواستی هەتاهەتایی، ئەوەی بەهۆی
عیسای مەسیحی گەورەمانەوە هێنایە دی. ١٢ بەهۆی
یەکبوونمان لەگەڵ مەسیح و باوەڕهێنانمان پێی،
بە دڵنیاییەوە ئەو ئازادییەمان هەیە بۆ چوونە[f] لای
خودا. ١٣ بۆیە داواتان لێ دەکەم لە ناخۆشییەکانم
ورە بەرنەدەن کە بۆ ئێوەیە، شکۆمەندی ئێوەیە.

١٤ لەبەر ئەمە چۆك بۆ باوك دادەدەم، ١٥ ئەوەی
هەموو خێزانێك لە ئاسمان و سەر زەوی بوونیان لە
ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە. ١٦ لێی دەپاڕێمەوە کە
بەپێی دەوڵەمەندی شکۆی خۆی بەهێزتان بکات لە
ڕێگەی ڕۆحەکەی کە لە ناختاندایە، ١٧ تاکو بە باوەڕ
مەسیح لە دڵتاندا نیشتەجێ بێت و ڕەگ و بناغەتان لە
خۆشەویستیدا دابمەزرێت، ١٨ تاکو توانادار بن، لەگەڵ
تەواوی گەلی پیرۆزی خودا تێبگەن کە پانی و درێژی و
بەرزی و قووڵی خۆشەویستی مەسیح چییە، ١٩ تاکو ئەم
خۆشەویستییە بناسن کە لە سەرووی زانیارییەوەیە، بۆ
ئەوەی پڕبن لە هەموو پڕێتی خودا.

٢٠ بۆ ئەوەی توانادارە هەموو شتێك بکات
زۆر زیاتر لەوەی کە داوای دەکەین یان بیری لێ

[a] ١٥ ڕێساکانی بێتاوانکردنی لە تەوراتدا بەلاوە نا بڕوانە مەتا ١٧:٥.

[b] ١٥ مەبەستی لە جولەکە و ناجولەکەیە.

[c] ١٨ بڕوانە ڕۆما ٢:٥.

[d] ٢٠ گرنگترین بەردی بناغە: بەردی قولینچك، بەردێکی گەورەیە لە گۆشەی دیوار دادەنرێت لەو بەردانە بەهێزترە کە لە دیوارەکە بەکاردێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دیوارەکە.

[e] ١ بڕوانە ٢:١١-٢٢.

[f] ١٢ بڕوانە ئەفەسۆس ١٨:٢.

دەکەینەوە، بەگوێرەی ئەو هێزەی کە تیاماندا کار
دەکات، [٢١]لە کڵێسا و لە عیسای مەسیحدا شکۆ بۆ
ئەوە، بۆ هەموو نەوەکان هەتاهەتایە. ئامین.

## یەك جەستە و یەك ڕۆح

٤ منی بەندکراو لە پێناوی مەسیحی خاوەن
شکۆ لێتان دەپاڕێمەوە بە شێوەیەك بژین
شایانی ئەم بانگەوازە بێت کە پێی بانگکراون.
[٢]بەوپەڕی بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتنەوە، بە
خۆشەویستی بەرگەی یەکتری بگرن. [٣]تێکۆشەر بن
بۆ پاراستنی یەکێتی ڕۆحی پیرۆز بە پشتێنی ئاشتی.
[٤]هەروەك یەك جەستە و یەك ڕۆح هەیە، بۆ یەك
هیوای بانگەوازەکەتان کە بانگکران، [٥]یەك مەسیحی
خاوەن شکۆ، یەك باوەڕ، یەك لەئاوهەڵکێشان، [٦]یەك
خودا، باوکی هەمووانە، گەورەی هەمووانە، لەناو
ناخی هەمووواندا کار دەکات و لەنێو هەمووواندایە.
[٧]بەڵام بەگوێرەی پێوانەی بەخشینی مەسیح
نیعمەت بە هەر یەکێکمان دراوە، [٨]بۆیە دەفەرموێ:

﴿کاتێك ئەو بەرزبووەوە بۆ بەرزایی،
دیلێکی زۆری لەگەڵ خۆی برد،
دیاری بە خەڵکی بەخشی.﴾[a]

[٩]مەبەست لە «بەرزبووەوە» چییە، جگە لەوەی کە
دابەزیوەتە نزمترین شوێنی زەوی؟ [١٠]ئەوەی دابەزی
هەر خۆی بەرزبووەوە بۆ سەر هەموو ئاسمان، تاکو
هەمووی پڕ بکاتەوە. [١١]ئیتر مەسیح بە هەندێکی دا
ببنە نێردراو، هەندێك پێغەمبەر، هەندێك مزگێنیدەر،
هەندێك شوان و مامۆستا، [١٢]بۆ ئامادەکردنی گەلی
پیرۆزی خۆی بۆ کاری خزمەت، بۆ بنیادنانی جەستەی
مەسیح، [١٣]هەتا هەموومان بگەین بە یەکێتی باوەڕ
و ناسینی کوڕی خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو،
بگەینە ئەندازەی تەواوی پڕێتی مەسیح.
[١٤]بۆ ئەوەی لەمەولا ساوا نەبین، شێواو و هەڵگیراو
بە هەموو بایەکی فێرکردن، بە فێڵی خەڵکی، بە
مەکر بەرەو چەواشەی تەڵەکەبازی. [١٥]بەڵکو لە
خۆشەویستیدا ڕاستگۆ بین، با لە هەموو شتێکدا گەشە
بکەین، لەناو ئەوەی سەرە، واتە مەسیح. [١٦]بەهۆی
مەسیحەوە هەموو کڵێسا لە خۆشەویستیدا گەشە
دەکات و خۆی بنیاد دەنێت، وەك چۆن ئەندامەکانی
لەشی مرۆڤ تێك هەڵکێشراون و بە جومگەکان
بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هاوکاری یەکتری دەکەن.

## ژیانی نوێ بە مەسیح

[١٧]لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم و بە ناوی مەسیحی
خاوەن شکۆوە پێداگریش لەسەر ئەمە دەکەم، کە ئیتر
وەك نەتەوەکان مەژین، ئەوانەی کە بیریان پووچە،
[١٨]کە مێشکیان تاریکە، لەبەر ئەو نەزانییەی تێیاندایە
و لەبەر دڵڕەقییان لە ژیانی خودا دابڕاون. [١٩]ئەوانەی
هەستیان نەماوە خۆیان داوەتە دەست بەرەڵایی، بۆ
ئەوەی بە چاوچنۆکییەوە هەموو کارێکی گڵاو بکەن.
[٢٠]بەڵام ئێوە بەم شێوەیە فێری مەسیح نەبوون،
[٢١]کە سەبارەت بەو بیستووتانە و بەگوێرەی ئەو
ڕاستییەی کە لە ڕێگەی عیساوەیە فێرکراون.
[٢٢]فێرکراون شێوازی ژیانی پێشووتان کە مرۆڤە
کۆنەکەیە، دابکەنن، چونکە بە ئارەزووە
هەڵخەڵەتێنەرەکانی گەندەڵ بووە، [٢٣]هەروەها
شێوازی بیرکردنەوەتان نوێ بکەنەوە، [٢٤]مرۆڤی نوێ
لەبەر بکەن، ئەوەی خودا وەکو خۆی بەدیهێناوە لە
ڕاستودروستی و پیرۆزیی ڕاستەقینە.
[٢٥]بۆیە واز لە درۆ بهێنن، با هەریەکە ڕاستگۆ بێ
لەگەڵ نزیکەکەی، چونکە ئەندامی یەك جەستەین.
[٢٦]﴿کاتێك تووڕە دەبن، گوناه مەکەن.﴾[b] مەهێڵن
ڕۆژئاوا بێت بەسەر تووڕەییتاندا، [٢٧]دەرفەت بۆ
شەیتان مەڕەخسێنن. [٢٨]دز ئیتر با دزی نەکات، بەڵکو
با ڕەنج بدات و بە دەستی خۆی ئیشێکی پاك بکات،
تاکو هەبێت بداتە ئەوەی پێویستی پێیەتی.
[٢٩]وشەی خراپ لە دەمتان دەرنەچێت، بەڵکو
هەرچییەکی باشە بۆ بنیادنان، بەگوێرەی پێویستی، تاکو
نیعمەت بداتە گوێگران. [٣٠]ڕۆحی پیرۆزی خودا خەمبار

[a] ٨ زەبوورەکان ٦٨:١٨.

[b] ٢٦ زەبوورەکان ٤:٤.

مەکەن، ئەوەی بۆ ڕۆژی ڕزگاری[a] پێی مۆرکران. [٣١] هەموو تاڵی و تووڕەیی و توندی و هاوارکردن و بوختان و هەموو دڵڕەشییەك فڕێبدەن. [٣٢] لەگەڵ یەکتری نەرمونیان بن، بە بەزەیی بن، لە یەکتری خۆشبن، هەروەك چۆن خودا بەهۆی مەسیحەوە لێتان خۆشبوو.

## وەك ڕۆڵەی ڕووناکی بژین

٥ کەواتە لاسایی خودا بکەنەوە، وەك ڕۆڵەی خۆشەویست، [٢] لە خۆشەویستیدا بژین، وەك مەسیح خۆشیویستین و لە پێناوی ئێمەدا خۆی بەختکرد، قوربانییەك و سەربڕاوێك، بۆنخۆش بۆ خودا. [٣] بەڵام داوێنپیسی و هەموو گڵاوییەك یان چاوچنۆکییەك با لەنێوتاندا ناوی نەبێت، چونکە ئەمانە لە گەلی پیرۆزی خودا ناوەشێتەوە، [٤] نەك بێ شەرمی و قسەی ناشیرین و سووك کە ناشێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە سوپاسکردن. [٥] بێگومان بن لەوەی هەموو داوێنپیسێك یان گڵاو یان چاوچنۆکییەك لە شانشینی مەسیح و خودا میراتی نییە، چونکە چاوچنۆکی جۆرێك لە بتپەرستییە. [٦] کەس بە قسەی پووچ هەڵتاننەخەڵەتێنێ، چونکە بەهۆی ئەمانە تووڕەیی خودا دێتە سەر کوڕەکانی یاخیبوون. [٧] بۆیە هاوبەشییان مەکەن.

[٨] پێشتر ئێوە تاریکی بوون، بەڵام ئێستا ڕووناکین بەهۆی یەکبوونتان لەگەڵ مەسیحی باڵادەست. وەك ڕۆڵەی ڕووناکی بژین، [٩] چونکە بەروبوومی ڕووناکی لە هەموو چاکە و ڕاستودروستی و ڕاستییەکدایە، [١٠] هەروەها بزانن کە چی جێگەی ڕەزامەندی مەسیحی خاوەن شکۆیە. [١١] بەشداری کرداری تاریکی بێ بەرهەم مەکەن، بەڵکو ئاشکرای بکەن، [١٢] چونکە ئەو کارانەی بە دزی دەیکەن، تەنانەت ناوهێنانیشی شەرمەزارییە. [١٣] بەڵام هەموو شتێك لە ڕووناکیدا ئاشکرا بکرێت دەبینرێت، [١٤] چونکە هەر شتێك ببینرێت ڕووناکییە. بۆیە دەڵێت:

«ئەی نوستوو هەستە،
لەنێو مردووان هەستەوە،
مەسیح بەسەرتدا دەدرەوشێتەوە.»[b]

[١٥] بۆیە ئاگاداربن چۆن دەژین، نەك وەك نەفام، بەڵکو وەك دانا، [١٦] کات بقۆزنەوە، چونکە زەمانە بەدکارە. [١٧] بۆیە گێل مەبن، بەڵکو تێبگەن خواستی مەسیحی باڵادەست چییە. [١٨] بە شەراب سەرخۆش مەبن کە بەرەڵایی تێدایە، بەڵکو پڕبن لە ڕۆحی پیرۆز: [١٩] لەگەڵ یەکتری بە زەبوور و سروود و گۆرانی ڕۆحی بدوێن، لە دڵتانەوە گۆرانی و ستران بۆ یەزدان بڵێن، [٢٠] هەموو کاتێك و بۆ هەموو شتێك بە ناوی عیسای مەسیحی گەورەمان سوپاسی خودای باوك بکەن، [٢١] بە ترسی مەسیح ملکەچی یەکتری بن.

## ژن و مێرد

[٢٢] ئەی ژنان، ملکەچی مێردەکانتان بن هەروەك چۆن ملکەچی مەسیحن، [٢٣] وەك چۆن مەسیح سەری کڵێسایە کە جەستەی خۆیەتی و خۆی ڕزگارکەریەتی، ئاوا پیاو سەری ژنە. [٢٤] بەڵکو چۆن کڵێسا ملکەچی مەسیحە، ژنانیش لە هەموو شتێك بۆ مێردەکانیان.

[٢٥] ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبوێ، هەروەك مەسیحیش کڵێسای خۆشویست و لە پێناوی خۆی بەختکرد، [٢٦] تاکو پیرۆزی بکات و بە شوشتنی بە ئاو لە ڕێگەی وشەوە پاکی بکاتەوە، [٢٧] بۆ ئەوەی کڵێسایەکی شکۆدار بۆ خۆی ئامادە بکات، لەکە و لۆچ و هەر شتێکی ئاوای نەبێت، بەڵکو پیرۆز و بێ گلەیی بێت. [٢٨] بە هەمان شێوە پێویستە پیاوان ژنەکانیان وەك جەستەی خۆیان خۆشبوێت، ئەوەی ژنی خۆی خۆشبوێت خۆی خۆشدەوێ. [٢٩] کەس ڕقی لە جەستەی خۆی نابێتەوە، بەڵکو نانی دەدات و بەخێوی دەکات، هەروەك چۆن مەسیح بایەخ بە کڵێسا دەدات، [٣٠] چونکە ئێمە ئەندامی جەستەی ئەوین. [٣١] ﴿لەبەر ئەوە پیاو دایك و باوکی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەك جەستە.﴾[c] [٣٢] ئەمە نهێنییەکی گەورەیە، بەڵام من باسی مەسیح و

[a] ٣٠ یۆنانی: کڕینەوە

[b] ١٤ بڕوانە ئیشایا ١:٦٠.

[c] ٣١ پەیدابوون ٢٤:٢.

کڵێسا دەکەم. [٣٣]ئێوەش با هەر یەکێکتان ژنەکەی وەك خۆی خۆشبوێ، ژنیش ڕێز لە مێردەکەی بگرێت.

## دایك و باوك و منداڵ

٦ ئەی منداڵان، لەبەر مەسیحی باڵادەست، گوێڕایەڵی دایك و باوکتان بن، چونکە ئەمە ڕاستە. [٢]﴿ڕێزی دایك و باوکتان بگرن.﴾ ئەمە یەکەم ڕاسپاردەیە لەگەڵ بەڵێنەوە دێت [٣]﴿بۆ ئەوەی چاکە بێتە ڕێتان و تەمەن درێژ بن لەسەر زەوی.﴾[a] [٤]ئێوەش ئەی باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، بەڵکو بەگوێرەی ڕێنمایی و فێرکردنی مەسیحی باڵادەست پەروەردەیان بکەن.

## کۆیلە و گەورەکانیان

[٥]ئەی کۆیلەکان، گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن لەسەر زەوی، بە ترس و لەرزەوە بە دڵپاکی، وەك بۆ مەسیح بێت، [٦]نەك بە خزمەتی بەرچاوان وەك ئەوەی خەڵك ڕازی بکات، بەڵکو وەك کۆیلەی مەسیح بەدڵ خواستی خودا بەجێبهێنن. [٧]با خزمەتتان لە دڵەوە بێت، وەك بۆ عیسای خاوەن شکۆی بکەن نەك بۆ خەڵکی، [٨]چونکە دەزانن هەر یەکێك چ چاکەکارییەك بکات ئەوە لە عیسای خاوەن شکۆ وەردەگرێتەوە، کۆیلە بێت یاخود ئازاد.

[٩]ئێوەش ئەی گەورەکان، هەمان شتیان بۆ بکەن، واز لە هەڕەشەلێکردنیان بهێنن، بزانن گەورەی ئەوان و ئێوە لە ئاسمانە، ئەویش لایەنگری ناکات.

## چەکی تەواوی خودا

[١٠]لە کۆتاییدا پێتان دەڵێم کە بە مەسیحی باڵادەست و هێزە گەورەکەی بەهێزبن. [١١]بە چەکی تەواوی خودا خۆتان چەکدار بکەن، تاکو بتوانن بەرامبەر پیلانی شەیتان خۆتان ڕابگرن، [١٢]چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو لە دژی سەرۆکەکان، لە دژی دەسەڵاتداران، لە دژی فەرمانڕەوایانی ئەم تاریکییەی جیهانە، هەروەها لە دژی سەربازە بەدکارە ڕۆحییەکانە لە شوێنەکانی ئاسمان. [١٣]بۆیە چەکی تەواوی خودا هەڵبگرن، تاکو بتوانن لە ڕۆژی بەدکاردا خۆڕاگر بن و دوای تەواوبوونی هەموو شتێك، بچەسپێن. [١٤]بە بەستنی پشتێنی ڕاستی بە ناوقەدتان و سپەری[b] ڕاستودروستی بە سنگتانەوە، [١٥]ئامادەیی لە پێ بکەن بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی ئاشتی[c]، [١٦]لە سەرووی هەموو ئەوانە قەڵغانی باوەڕ هەڵبگرن، بەمە دەتوانن هەموو تیرە گڕدارەکانی شەیتان بکوژێننەوە. [١٧]هەروەها کڵاوی ئاسنینی ڕزگاری لەسەر بکەن و شمشێری ڕۆحی پیرۆز هەڵبگرن کە پەیامی خودایە. [١٨]بە هەموو جۆرە نوێژێك و پاڕانەوەیەك، هەموو کاتێك لە ڕۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن، بۆ ئەمەش شەوارە بگرن بەوپەڕی بەردەوامی و پاڕانەوە بۆ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا.

[١٩]نوێژ بۆ منیش بکەن تاکو هەر کاتێك دەمم دەکەمەوە قسەی گونجاوم بدرێتێ، ئازایانە نهێنی پەیامی ئینجیل ڕابگەیەنم. [٢٠]من لێرە باڵوێزی ئینجیلم، هەرچەندە لە پێناویدا کۆت و بەند کراوم، نوێژ بکەن بۆ ئەوەی بەگوێرەی پێویست ئازابم بۆ قسەکردن.

## سڵاوی کۆتایی

[٢١]برای خۆشەویستمان تیخیکۆس، کە خزمەتکاری دڵسۆزە لە خزمەتی مەسیحی باڵادەستدا، هەموو شتێکتان پێ دەڵێت بۆ ئەوەی ئێوەش هەواڵی من بزانن و ئاگاداری ئەوە بن کە خەریکی چیم. [٢٢]بە تایبەتی بۆ ئەمە ناردمە لاتان، تاکو هەواڵی ئێمە بزانن و ورەتان بەرز بکاتەوە.

[٢٣]لە خودای باوك و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە، ئاشتی و خۆشەویستییەکی لەگەڵ باوەڕ بۆ باوەڕداران. [٢٤]نیعمەت لەگەڵ هەموو ئەوانە بێت کە بە خۆشەویستییەکی نەمر عیسای مەسیحی گەورەی ئێمەیان خۆشدەوێت.

[a] ٣ دواوتار ١٦:٥.

[b] ١٤ جلێکی ئاسنینە بۆ پاراستنی سنگی سەرباز لە کاتی جەنگدا. بڕوانە ئیشایا ١٧:٥٩.

[c] ١٥ ڕاگەیاندنی مژدەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا.

# نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی فیلیپی

## کورتە باسێك

فیلیپی شارێکی مەکدۆنی بوو لە باشووری یۆنان، لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی بوو، دانیشتووانەکەی بە هاوڵاتی ڕۆمانی هەژمارد دەکران، زۆربەیان سەربازی خانەنشینکراوی ڕۆمانی بوون. لەدوای ئەوەی لە خەوندا پێی ڕاگەیەنرا (کردار ٦:١٦-١٠)، پۆڵس و هاوەڵانی لە یەکەمین گەشتیان بۆ کیشوەری ئەوروپا یەکەمین کڵێسایان لەو کیشوەرە لە فیلیپی دامەزراند (کردار ١١:١٦-٤٠). دواتر کەسانێکی دیکە جێگەی ئەویان لە بەڕێوەبردنی گرتەوە (١٥:٤).

پۆڵس لە ساڵی (٦١ ز.) لەکاتێکدا لە ڕۆما لەنێو کۆتی بەندیخانەدا بوو، ئەم نامەیە بۆ باوەڕدارانی فیلیپی دەنووسێ. سوپاسیان دەکات سەبارەت بەو یارمەتییەی لەگەڵ دەستی ئەپەفرۆدیتۆس بۆیان ناردووەتە بەندیخانە (١٨:٤). تێیدا چەندین جار دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ، بە تایبەتیش بۆ بەشداریکردنی ئەوان لە ڕاگەیاندنی مژدەی مەسیح (١:٤-٥). «هەمیشە بە عیسای خاوەن شکۆ دڵشاد بن، دیسان دەڵێمەوە، دڵشاد بن!» (٤:٤).

لەم نامەیەدا باوەڕداران بۆ مزگێنیدان هاندەدات، تاکو لە یەکێتیدا بچەسپێنن و لە ئاست یەکتردا خۆیان بە بچووکتر بزانن. دواتر لە نێردراوی بەدکار ئاگاداریان دەکاتەوە (٢:٣-١٨،٣-١٩). هەروەها دەریدەخات کە ناسینی مەسیح و یەکبوونی لەگەڵ ئەو لە هەستانەوە و ئازارکێشان ئامانجی سەرەکییەتی (١٠:٣-١٤). دەکرێ ئەم نامەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:

١. سڵاو و نوێژ (١:١-١١).

٢. بارودۆخی نێردراوییێتی پۆڵس (١٢:١-٣٠).

٣. ژیانی مەسیح نموونەیە بۆ خزمەت (١:٢-١٨:٢).

٤. پێشکەشکردنی نموونەی کەسایەتییەکی چاك بۆ چاولێکردن (١٩:٢-٣٠).

٥. ئاگادارکردنەوە لە دژی مامۆستای تەوراتگەرییێتی و بەڕەڵایی (١:٣-١:٤).

٦. هاندان و سڵاوی کۆتایی (٢:٤-٢٣).

١ لە پۆڵس و تیمۆساوسی بەندەکانی عیسای
مەسیحەوە،
بۆ هەموو گەلی پیرۆزی خودا بەهۆی عیسای
مەسیحەوە لە شاری فیلیپی، لەگەڵ چاودێران
و خزمەتکاران:
[٢] با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

### سوپاسی خودا و پاڕانەوە

[٣] سوپاسی خودا دەکەم هەر کاتێك یادتان بکەم،
[٤] هەمیشە لە هەموو پاڕانەوەکانم بە خۆشییەوە بۆ
هەمووتان داوا دەکەم، [٥] چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە
هەتا ئێستا بەشداریتان لە خزمەتی ئینجیلدا کردووە.
[٦] لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە
چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح
تەواوی دەکات.
[٧] کەواتە ئەمە ڕاستە سەبارەت بە هەمووتان ئەم
هەستەم هەبێت، چونکە ئێوە لە دڵی مندان. ئەگەر
بە کۆت و زنجیرەوە بم، یاخود لە کاتێکدا بەرگری لە
پەیامی ئینجیل و چەسپاندنی دەکەم، هەمووتان لە
نیعمەت لەگەڵم بەشدارن. [٨] خودا شایەتمە چەندە
بە پەرۆشم بۆ هەمووتان بە سۆزی عیسای مەسیح.
[٩] لە خودا دەپاڕێمەوە کە خۆشەویستیتان بە
زانیاری و ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە زیاتر و زیاتر

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

بکات، [١٠]تاکو باشترین شت جیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی
لە ڕۆژی مەسیح پاك و بێ گلەیی بن، [١١]تاکو پڕببن
لە بەرهەمی ڕاستودروستی لە ڕێگەی عیسای
مەسیحەوە بۆ شکۆ و ستایشی خودا.

## لەلای من، ژیان مەسیحە

[١٢]خوشکان، برایان، ئێستا دەمەوێ بزانن ئەوەی
بەسەرم هات پەیامی ئینجیلی زیاتر بەرەو پێش برد،
[١٣]تەنانەت هەموو پاسەوانانی کۆشکی ئیمپراتۆر
و هەموو لایەك بۆیان دەرکەوت کە من لە پێناوی
مەسیحدا کۆت و بەند کراوم. [١٤]مەسیحی باڵادەست
بەهۆی کۆت و بەندی منەوە وای لە زۆربەی
خوشك و برایان کردووە پشت بە ئەو ببەستن، تاکو
بتوانن بوێرانەتر و بە چاونەترسییەوە پەیامەکەی
ڕابگەیەنن.

[١٥]بێگومان هەندێك لەبەر ئیرەیی و ناکۆکی
مزگێنی مەسیح ڕادەگەیەنن، بەڵام هەندێکی دیکە
بە خواستێکی باش. [١٦]ئەوانەی لەبەر خۆشەویستی
مزگێنی دەدەن، دەزانن لەبەر بەرگریکردنم لە
پەیامی ئینجیل خراومەتە زیندان. [١٧]ئەوانەی دیکە
کە لە خۆپەرستییەوە مەسیح ڕادەگەیەنن، دڵسۆز
نین، مەزەندە دەکەن بە کۆت و زنجیرەکەم حاڵم
ناخۆشتر دەکەن. [١٨]ئیتر چی؟ بەهەرحاڵ، بە ڕواڵەت
بێت یان بە ڕاستی بێت، مەسیح ڕادەگەیەنرێت،
بەمەش دڵشادم.

بەڵێ، زیاتریش دڵشاد دەبم، [١٩]چونکە دەزانم
لە ڕێگەی پاڕانەوەکانتان و پشتگیری ڕۆحی عیسای
مەسیح ئەمە دەبێتە هۆی ئازادکردنم[a] . [٢٠]بە
پەرۆشەوە چاوەڕوانم و ئومێدەوارم کە لە هیچ
شتێکدا شەرمەزار نەبم، بەڵام ورەبەرز دەبم بۆ
ئەوەی ئێستاش وەکو هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا
پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن،
[٢١]چونکە بۆ من ژیان مەسیحە، مردنیش قازانج.
[٢٢]بەڵام ئەگەر ژیانم لە جەستە بەردەوام بێت،
خەریکی خزمەتێك دەبم کە بەرهەمی هەبێت.
چی هەڵبژێرم؟ نازانم! [٢٣]لە دوو لاوە فشارم لەسەرە،
حەز دەکەم ئەم ژیانە بەجێبهێڵم و لەگەڵ مەسیح
بژیم، ئەمەش زۆر باشترە، [٢٤]بەڵام مانەوەم بە جەستە
بۆ ئێوە پێویستترە. [٢٥]لەمە دڵنیام، دەزانم لە ژیاندا
دەمێنم و لەگەڵ هەمووتان بەردەوام دەبم، بۆ
بەرەوپێشچوون و خۆشیتان لە باوەڕ، [٢٦]تاکو بەهۆی
هاتنەوەی من بۆ لاتان شانازیتان بە عیسای مەسیح
لە ڕێگەی منەوە زیاد بکات.

[٢٧]تەنها بە شێوەیەك بژین کە شایستەی پەیامی
ئینجیلی مەسیح بێت، تاکو کاتێك بێم و بتانبینم یان
لەلاتان نەبم و هەواڵتان ببیستم، کە لە یەك ڕۆحدا
چەسپاون و بە یەك دڵ تێدەکۆشن لە پێناوی ئەو
باوەڕەی کە لەسەر بناغەی پەیامی ئینجیلە، [٢٨]لە
هیچ شتێکی ڕکابەرەکانتان ناترسن. ئەمە بەڵگەیە
بۆ لەناوچوونیان، بەڵام ڕزگارییە بۆ ئێوە، ئەمەش
لە خوداوەیە، [٢٩]چونکە خودا لەبەر مەسیح تەنها
باوەڕهێنان بە ئەوی پێ نەبەخشیون، بەڵکو ئازار
چێژتنیش لە پێناوی ئەو، [٣٠]لەبەر ئەوەی هەمان
تێکۆشانتان هەیە، ئەوەی لە منتان بینیوە و ئێستا لە
منی دەبیستن.

## خۆنزمکردنەوەی عیسا

٢ ئەگەر یەکبوونتان لەگەڵ مەسیح مایەی
هاندان بێت، ئەگەر خۆشەویستییەکەی
دڵنەواییتان بکات، ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز هاوبەش
بن، ئەگەر بە سۆز و میهرەبان بن، [٢]ئەوا دڵم
بە تەواوی خۆش بکەن کە هاوبیر بن و هەمان
خۆشەویستیتان هەبێت، هەروەها یەك دڵ و
هاوئامانج بن. [٣]هیچ شتێك بە خۆپەرستی و
لووتبەرزییەوە مەکەن، بەڵکو بە شێوەیەك بێفیز
بن کە بەرامبەرەکەتان لە خۆتان بە باشتر بزانن.
[٤]هەریەکە تەماشای بەرژەوەندی خۆی نەکات،
بەڵکو تەماشای بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بکەن.
[٥]وەك عیسای مەسیح بیر بکەنەوە:

[٦]ئەوەی بە سروشتی خۆی خودایە،

[a] ١٩ یۆنانی: ڕزگاری.

نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی
بقۆزێتەوە،
٧بەڵکو خۆی کردە هیچ[a]،
شێوەی بەندەی وەرگرت،
وەک مرۆڤی لێهات،
٨کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا،
خۆی نزم کردەوە و
تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر
خاچ[b].
٩لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە و
ئەو ناوەی[c] دایێ کە لە سەرووی هەموو
ناوێکەوەیە،
١٠تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەک
چۆک دابدەن،
لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش،
١١هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت بەوەدا کە
عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە،
بۆ شکۆی خودای باوک.

## ڕۆڵەکانی خودا بێ گلەیین

١٢بۆیە خۆشەویستانم، هەروەک چۆن کاتێک
لەلاتان بووم هەمیشە گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانم بوون،
ئێستاش کە لەلاتان نیم زۆر گرنگترە کە گوێڕایەڵم
بن. بە ترس و لەرزەوە کۆشش بکەن بۆ تەواوکردنی
ڕزگاریتان، ١٣چونکە خودا خۆی لە ئێوەدا کار دەکات
تاکو بتانەوێت و کار بکەن بۆ ڕەزامەندی ئەو.
١٤هەموو شتێک بێ بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە بکەن،
١٥تاکو بێ گلەیی و پاک بن، منداڵانی خودا لەناو
نەوەیەکی چەوت و خواردا بێ لەکەن، لەنێو ئەواندا
وەک ئەستێرە لە گەردووندا دەدرەوشێنەوە، ١٦کاتێک
دەست بە وشەی ژیانەوە بگرن. ئیتر لە ڕۆژی
مەسیحدا دەتوانم شانازی بکەم کە بێهوودە غارم
نەداوە و ڕەنجم نەکێشاوە. ١٧بەڵام ئەگەر بمرم و
خوێنم وەک شەرابی پێشکەشکراو بەسەر قوربانی و
خزمەتی باوەڕتاندا بڕژێم،[d] ئەوا دڵشاد و دڵخۆشم
لەگەڵتان. ١٨جا ئێوەش ئاوا دڵشاد بن و لەگەڵم
دڵخۆش بن.

## تیمۆساوس و ئەپەفرۆدیتۆس

١٩هیوادارم بە یارمەتی عیسای خاوەن شکۆ
بتوانم زوو تیمۆساوس بنێرم بۆ لاتان، تاکو بە زانینی
هەواڵتان منیش دڵخۆش بم، ٢٠چونکە کەسم نییە
وەک ئەو بە دڵسۆزی بایەخ بە کاروبارتان بدات،
٢١لەبەر ئەوەی هەموویان بەدوای بەرژەوەندی
خۆیاندا دەگەڕێن، نەک هی عیسای مەسیح. ٢٢بەڵام
ئێوە ئاگاداری شارەزایی تیمۆساوسن، چونکە
هەروەک چۆن منداڵ لەگەڵ باوکیدا خزمەت دەکات،
ئەویش بە هەمان شێوە لەگەڵ من خزمەتی لە
مزگێنیدان کردووە. ٢٣بۆیە هیوادارم هەرکە بۆم ڕوون
بووەوە کاروبارم چۆن بەڕێوە دەچێت، یەکسەر ئەو
بنێرم. ٢٤متمانەم بە مەسیحە کە خۆشم بەم زووانە
دێم.
٢٥بەڵام بە پێویستم زانی ئەپەفرۆدیتۆس بنێرمە
لاتان، کە لەگەڵم برا و هاوکار و هاوسەربازە،
نێردراوی ئێوەیە و خزمەتکاری پێویستییەکانمە.
٢٦ئەو پەرۆشی دیداری هەمووتانە و دڵتەنگ بوو،
چونکە نەخۆشی ئەوتان بیستووە. ٢٧بە ڕاستی
نەخۆش بوو، خەریک بوو بمرێت، بەڵام خودا بەزەیی
پێدا هاتەوە، نەک تەنها بە ئەودا، بەڵکو بەزەیی بە
منیشدا هاتەوە، بۆ ئەوەی خەفەت لەدوای خەفەتم
نەبێت. ٢٨بۆیە خێراتر ناردم، تاکو بە بینینەوەی دڵشاد
بن و منیش خەفەتم کەم بێتەوە. ٢٩کەواتە بەوپەڕی
شادییەوە بە ناوی مەسیحی خاوەن شکۆوە پێشوازی
لێ بکەن و ڕێز لەوانەی وەک ئەو بگرن، ٣٠چونکە

[a] ٧ یۆنانی: خۆی لە هەموو مافەکانی بێبەش کرد.

[b] ٨ لەخاچدان قورسترین سزا بووە لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە، هەروەها لەلایەن جولەکەکان نەفرەت بووە، بڕوانە دواوتار ٢٣:٢١.

[c] ٩لەم هەڵوێستەدا لە زمانی عیبری (ناوەکە) واتە ناوی خودا.

[d] ١٧ مەبەستی نووسەر لێرەدا واتە من دەمرم، نەریت و باو بووە کە خواردنەوەی گرنگ وەک قوربانی ڕژێنراوە. بڕوانە لێڤییەکان ١٨:٢٣.

لە پێناوی کاری مەسیحدا ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە و ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە، تاکو ئەو خزمەتە بکات کە ئێوە نەتانتوانی بۆ منی بکەن.

## بێتاوان بوون بەهۆی باوەڕ

٣ لە کۆتاییدا، خوشکان، برایان، دڵشاد بن بە مەسیحی خاوەن شکۆ! نووسینەوەی هەمان ئەم شتانە ماندووم ناکات، بەڵکو بۆ پاراستنی[a] ئێوەیە.

٢ چاوبڕنە سەگەکان، چاوبڕنە بەدکاران، چاوبڕنە جەستەبڕەکان[b] . ٣ لەبەر ئەوەی ئێمە بە ڕاستی خەتەنەکراوین[c]، کە بە ڕۆحی پیرۆز خودا دەپەرستین و شانازی بە عیسای مەسیحەوە دەکەین، پشت بە جەستە نابەستین. ٤ هەرچەندە منیش هۆکارم هەیە پشت بە جەستە ببەستم.

ئەگەر یەکێك وابزانێت هۆی هەیە پشت بە جەستە ببەستێت، من لەپێشترم: ٥ کۆرپەی هەشت ڕۆژ بووم کە خەتەنە کراوم، لە ڕەگەزی ئیسرائیل، تیرەی بنیامین، عیبرانی کوڕی عیبرانی. بەگوێرەی تەورات فەریسی بووم، ٦ بەگوێرەی دڵگەرمی چەوسێنەری کڵێسا بووم، بەگوێرەی ئەم ڕاستودروستییە کە بەپێی شەریعەتە، بێ گلەیی بووم.

٧ بەڵام ئەوەی بۆ من قازانج بوو، لە پێناوی مەسیحدا ئەمانە بە زیان دەزانم. ٨ لەمەش زیاتر هەموو شتێك بە زیان دەزانم لەبەر بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ. لە پێناوی ئەودا هەموو شتێکم لە دەست دا و هەموو ئەو شتانەم بە زبڵ دانا، بۆ ئەوەی مەسیح بەدەستبهێنم و ٩ وەك یەکێك کە سەر بە مەسیحە هەژمارد بکرێم، نەك بە ڕاستودروستی خۆم کە لە شەریعەتەوەیە، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕەوە بە مەسیح، ئەو ڕاستودروستییەی کە لە خوداوەیە و پشت بە باوەڕ دەبەستێت. ١٠ ئامانجم ئەوەیە مەسیح بناسم و هێزی هەستانەوەکەی بزانم و هاوبەشی ئازاری بم، وەك ئەو بم لە مردنی، ١١ تاوەکو بگەمە هەستانەوەی نێو مردووان.

## کۆشش کردن بەدوای ئامانج

١٢ من ناڵێم پێشوەخت هەموو ئەمەم بەدەستهێناوە یان گەیشتوومەتە ئامانج، بەڵکو کۆشش دەکەم ئەوە بەدەستبهێنم کە عیسای مەسیح لە پێناویدا منی بەدەستهێنا. ١٣ خوشکان، برایان، من وا دانانێم کە بەدەستم هێناوە، بەڵام شتێك دەکەم: ڕابردوو لەبیر دەکەم و بەرەو داهاتوو بەوپەڕی کۆششەوە هەنگاو دەنێم، ١٤ بەرەو ئامانج تێدەکۆشم تاکو ئەو خەڵاتە بەدەستبهێنم کە خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بانگهێشتی کردووم بۆ ئاسمان.

١٥ با هەموو ئەوانەمان کە لە ڕووی ڕۆحییەوە پێگەیشتووین، ئاوا بیر بکەینەوە، ئەگەر بیرتان لە شتێکی جیاوازیش کردەوە، خودا ئەمەشتان بۆ ئاشکرا دەکات. ١٦ با دەست بەوەوە بگرین کە بەدەستمان هێناوە.

١٧ ئەی خوشك و برایانم، پێکەوە لاسایی من بکەنەوە و بڕواننە ئەوانەی ئاوا دەژین، بەگوێرەی ئەم نموونەیەی ئێمە پێمان دان. ١٨ زۆرم پێ گوتن، ئێستاش بە گریانەوە دەڵێم، زۆر کەس بە شێوەیەك دەژین، دوژمنی خاچی مەسیحن، ١٩ ئەوانە کۆتاییان لەناوچوونە، خودایان سکیانە و شانازی بە شەرمەزاربوونیانەوە دەکەن، بیر لە شتی دنیایی دەکەنەوە. ٢٠ بەڵام ئێمە هاوڵاتی ئاسمانین، بە پەرۆشەوە چاوەڕێ دەکەین ڕزگارکەر لەوێ بێتەوە، عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ، ٢١ ئەوەی لەشی کەساسمان بۆ وێنەی لەشی شکۆداری خۆی دەگۆڕێت، بەگوێرەی کارکردنی هێزی خۆی کە دەتوانێت هەموو شتێك ملکەچی خۆی بکات.

[a] ١ پاراستن لە فێرکردنی چەوت.

[b] ٢ مەبەستی لەوانەیە کە خەتەنە دەکەن، لەبەرچاوی پۆڵس وەك سەگن. بڕوانە گەلاتیا ١:٨،٩.

[c] ٣ بڕوانە ڕۆما ٢:٢٨-٢٩.

## بە عیسای خاوەن شکۆ دڵشاد بن

٤ بۆیە خوشکان و برایانم، ئەی ئەوانەی
خۆشمدەوێن و پەرۆشتانم، ئێوە خۆشی
و تاجی منن، خۆشەویستانم بەو شێوەیە کە
نووسیومە، بە یەکبوونتان لەگەڵ مەسیحی خاوەن
شکۆ بچەسپێن.
[٢]لە ئەوۆدیا و سینتخی دەپاڕێمەوە، هەروەك چۆن
هەردووکتان سەر بە مەسیحن، لەگەڵ یەکتریش
هاوبیر بن. [٣]بەڵێ تۆش ئەی هاوڕێی دڵسۆزم، داوات
لێ دەکەم یارمەتییان بدەیت، چونکە هەردووکیان
لە ڕاگەیاندنی پەیامی ئینجیلدا شانبەشانی من
تێکۆشاون، لەگەڵ کلیمنتۆس و هاوکارانی دیکەم کە
ناویان لە پەڕتووکی ژیانە.
[٤]هەمیشە بە عیسای خاوەن شکۆ دڵشاد بن،
دیسان دەڵێمەوە، دڵشاد بن! [٥]با هەموو خەڵك بە
ڕووخۆشیتان بزانێت. هاتنەوەی عیسای خاوەن شکۆ
نزیکە. [٦]نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا
داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاسگوزارییەوە
لەلای خودا زانراو بێت. [٧]ئاشتی خوداش، ئەوەی
بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێك، دڵ و بیرتان بە
یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەپارێزێت.[a]
[٨]لە کۆتاییدا خوشکان و برایان، بیر لە هەموو ئەو
شتانە بکەنەوە کە ڕاست و ڕێزدارن، دادپەروەر و
پاکن، خۆشەویست و ناوبانگ باشن، ڕەوشت بەرز و
شایانی ستایشن. [٩]چی لە مندا فێربوون و وەرتانگرت
و بیستتان و بینیتان، ئەوە جێبەجێ بکەن. خودای
ئاشتیش لەگەڵتان دەبێت.

## سوپاس بۆ بەخشینتان

[١٠]زۆر دڵشاد بووم بە مەسیحی خاوەن شکۆ،
وا ئێستا دیسان بایەخم پێدەدەن، بە دڵنیاییەوە
پێشتریش بایەختان پێم دەدا، بەڵام دەرفەتی
ئەوەتان نەبوو کە دەریبخەن. [١١]من ئەمە ناڵێم
لەبەر ئەوەی پێویستم بە یارمەتییە، چونکە فێربووم
لە هەر دۆخێکدا بم خۆبژێو بم. [١٢]دەزانم نەبوونی
چییە و دەزانم هەبوونیش چییە، لە هەر شتێك و لە
هەموو شتێکدا فێری نهێنی ئەوە بووم لە هەبوونی
و نەبوونیدا ئاسوودە بم. [١٣]دەتوانم هەموو شتێك
بکەم لە ڕێگەی مەسیحەوە کە بەهێزم دەکات.
[١٤]لەگەڵ ئەوەشدا چاکتان کرد کە بەشداری
تەنگانەتان کردم. [١٥]ئەی فیلیپییەکان، ئێوەش دەزانن،
لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی پەیامی ئینجیل لەنێو
ئێوە، کاتێك لە مەکدۆنیا ڕۆیشتم، هیچ کڵێسایەك لە
بابەتی وەرگرتن و پێداندا هاوکارییان نەکردووم، ئێوە
نەبێت. [١٦]تەنانەت ئەو کاتەی لە شاری سالۆنیکی
بووم، چەند جارێك هاوکاریتان کردم کاتێك پێویستم
بە یارمەتی بوو. [١٧]نەك لەبەر ئەوەی حەزم لە
بەخشین بێت بەڵکو حەزم لەو بەرهەمەیە کە لەلای
خودا بۆتان تۆمار بکرێت. [١٨]ئێستا هەموو شتێکم
هەیە، زیاتر لە پێویست. ئەو شتانەی ئەپەفرۆدیتۆس
لەلای ئێوە هێنای وەرمگرت و تێربووم، بۆنێکی
خۆشە، قوربانییەکی قبوڵکراوە، دڵی خودا خۆش
دەکات. [١٩]خودای من هەموو پێداویستییەکانتان
دابین دەکات بەپێی دەوڵەمەندی ئەو شکۆیەی لە
عیسای مەسیحدا هەیەتی. [٢٠]ئێستاش شکۆمەندی بۆ
خودای باوکمان هەتاهەتایە. ئامین.

## سڵاوی کۆتایی

[٢١]بە ناوی عیسای مەسیح سڵاو لە هەموو گەلی
خودا بکەن. ئەو خوشك و برایانەی لەگەڵمدان
سڵاوتان لێدەکەن. [٢٢]هەموو گەلی خودا کە لێرەن
سڵاوتان لێدەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە خانەوادەی
قەیسەرن.
[٢٣]نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵ
ڕۆحتان بێت.

[a] ٧ بڕوانە یۆحەنا ٤:١٥.

# نامەی پۆڵس بۆ باوەڕدارانی کۆلۆسی

## کورتە باسێك

کۆلۆسی شارێکی بچووك بوو لە ئاسیای بچووك، دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەفەسۆس. کاتێك پۆڵس ماوەی سێ ساڵ لە ئەفەسۆس بوو، ئەپەفراس لەوێ باوەڕی هێنا و گەڕایەوە کۆلۆسی و کڵێسای لێ دامەزراند (١:٧-٨ و کردار ١٩:١٠). کڵێسایەك بوو لە قۆناغی سەرەتایی و بووە ئامانجی مامۆستایانی درۆزن و بڵاوکردنەوەی بیری خراپ، وەکو: ناسینی خودا و ڕزگاریی تەواو لە فریشتە پەرستن و خۆ برسی و تینووکردن و گرنگیدان بە هەندێك بابەتی تەوراتی جولەکە. بەم جۆرە ئەپەفراس ویستی سەردانی پۆڵس بکات کە لە ڕۆما لە بەندیخانەدا بوو. ئەمیش ئەم نامەیەی لە دژی فێرکردنە هەڵەکان بۆ کڵێسای کۆلۆسی نووسی، سەبارەت بە تێگەیشتنی تەواوەتی مەسیح بۆ ناسینی خودا. «خودا بە هەموو پڕی خۆی لە جەستەی مەسیح نیشتەجێ بووە، ئێوەش بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا پڕ بوون لە خودا. مەسیح سەری هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە.» (٢:٩-١٠).

پۆڵسیش سەبارەت بەو شتانە دەڵێ مەسیح ئەو خودایە بوو کە لە جەستەدا دەرکەوت و گەورەی هەموو بوونەوەرانە، گوناهەکانمان سڕانەوە و لەگەڵ خودا ئاشتکراینەوە، بە باوەڕمان لەگەڵ ئەوین، لە مردن و هەستانەوەی لەگەڵ ئەو یەکدەگرین، پێویستە لەگەڵ مەسیح و لەگەڵ باوەڕداران ببینە یەك. دەکرێ نامەکە بۆ چەند بەشێك دابەش بکەین:

١. سڵاو و نوێژ (١:١-١٤).

٢. سەروەری مەسیح (١:١٥-٢٣).

٣. خزمەتی نێردراوێتی پۆڵس (١:٢٤–٢:٥).

٤. وەڵامدانەوەی مامۆستایانی درۆزن (٢:٦-٢٣).

٥. ڕێنمایی بۆ ژیانی نوێ لەگەڵ مەسیح (٣:١–٤:١).

٦. هاندان بۆ نوێژکردن و دەنگوباسی باوەڕداران (٤:٢-١٨).

١ لە پۆڵسەوە کە بە خواستی خودا نێردراوی عیسای مەسیحە، هەروەها لە تیمۆساوسی برامانەوە،

[٢]بۆ گەلی پیرۆزی خودا لە شاری کۆلۆسی، ئەو خوشك و برا دڵسۆزانەی کە لەگەڵ مەسیح یەکن:

با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمانەوە لەگەڵتان بێت.

## سوپاس و نوێژکردن

[٣]کاتێك نوێژتان بۆ دەکەین هەردەم سوپاسی خودا، باوکی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان دەکەین، [٤]چونکە هەواڵی باوەڕی ئێوەمان بە عیسای مەسیح پێگەیشت لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەی بۆ هەموو گەلی پیرۆزی خودا هەتانە. [٥]ئەو باوەڕ و خۆشەویستییە دەرئەنجامی ئەو هیوایەیە کە لە ئاسماندا بۆتان دانراوە، ئەوەی پێشتر لە پەیامی ڕاستی ئینجیل بیستتان، [٦]کە گەیشتە لاتان. وەك هەموو جیهان[b]، ئەم بەرهەمدارە و لەنێواتاندا زیاد دەکات، لەو ڕۆژەوەی نیعمەتی ڕاستی خوداتان بیست و ناسیتان. [٧]وەك لە ئەپەفراسی هاوبەندەی خۆشەویستمان فێربوون، ئەوەی لە پێناوتاندا خزمەتکارێکی دڵسۆزە بۆ مەسیح، [٨]ئەوەی باسی خۆشەویستی ئێوەی کرد لە ڕۆحی پیرۆزدا.

[٩]لەبەر ئەم هۆیە ئێمەش لەو ڕۆژەی بیستمان بێ

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ٦ مەبەست لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە.

وەستان لە پێناوی ئێوە نوێژ دەکەین و داواکارین،
تاکو پڕبن لە زانینی خواستی ئەو، بەوپەڕی دانایی
و تێگەیشتنی ڕۆحی، [10]تاکو بە شێوەیەك بژین کە
شیاوی مەسیحی خاوەن شکۆ بێت و بە تەواوی
جێگای ڕەزامەندی ئەو بێت، لە هەموو چاکەکارییەك
بەرهەمدار بن و لە ناسینی خودا گەشە بکەن. [11]با
مەسیح بەگوێرەی توانای شکۆی خۆی بە هەموو
هێزێك بەهێزتان بکات، بۆ هەموو دانبەخۆداگرتن
و ئارامگرتنێك، بە خۆشییەوە [12]سوپاسی خودای باوك
بکەن ئەوەی کە وای کرد ئێوە شایستەی هاوبەش بن
لە میراتی گەلی پیرۆزی خۆی لە پاشایەتی ڕووناکیدا.
[13]خودای باوك لە دەسەڵاتی تاریکی دەربازی کردین
و ئێمەی بۆ شانشینی کوڕە خۆشەویستەکەی
گواستەوە، [14]بەهۆی ئەویشەوە کڕدراینەوە[a]، واتە
لێخۆشبوونی گوناهمان وەرگرت.

## عیسا وێنەی خودای نەبینراوە

[15]کوڕەکە وێنەی خودای نەبینراوە، نۆبەرەیە[b]
و لە سەرووی هەموو بەدیهێنراوانە، [16]چونکە
بەهۆی ئەوەوە هەموو شتێك بەدیهێنرا: لە ئاسمان
و لەسەر زەوی، بینراو و نەبینراو، تەخت یان
دەسەڵات، سەرۆکایەتی یان حوکومڕانی، هەمووی
بەهۆی ئەوەوە و بۆ ئەو بەدیهێنران. [17]ئەو پێش
هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش بەهۆی ئەوەوە
یەکیگرتووە. [18]ئەو سەری جەستەیە کە کڵێسایە. ئەو
سەرەتایە و نۆبەرەی نێو مردووانە، تاکو لە سەرووی
هەموو شتێکەوە بێت، [19]چونکە خودا خۆشحاڵ بوو
بە هەموو پڕیی خۆی لە مەسیحدا نیشتەجێ بێت،
[20]لە ڕێگەی ئەوەوە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا
ئاشت بکاتەوە، بە خوێنی خاچەکەی ئاشتی بنێتەوە،
ئەگەر لەسەر زەوی بێت یان لە ئاسمان.
[21]ئێوە پێشتر لە خودا دابڕابوون و دوژمن بوون

[a] ١٤ مەبەست لە کڕینەوەی مرۆڤە لە کۆیلایەتی گوناه بە خوێنی عیسا.

[b] ١٥ نۆبەرە: مەبەست لەوەیە کە عیسا بەدینەهێنراوە، بەڵکو سەرۆکی هەموو بەدیهێنراوانە.

لە بیرکردنەوە بە خراپەکاری، [22]بەڵام ئێستا بەهۆی
جەستەی مرۆڤانەی مەسیح بە مردن ئاشتی کردنەوە،
تاکو لەبەردەمی بە پیرۆزی و بێ لەکە و بێ گلەیی
پێشکەشتان بکات. [23]ئەگەر بەردەوام بن لەسەر
ئەو باوەڕە و دامەزراو و چەسپاو بن، لانەدەن لە
هیوای ئەو مزگێنییەی بیستتان، ئەوەی لە هەموو
بەدیهێنراوانی ژێر ئاسمان ڕاگەیەنراوە، خۆشم وەك
پۆڵس بۆی بوومە خزمەتکار.

## تێکۆشانی پۆڵس بۆ باوەڕداران

[24]ئێستا دڵشادم بە ئازارەکانم لە پێناوی ئێوەدا
و پاشماوەی تەنگانەی مەسیح لە جەستەی خۆمدا
تەواو[c] دەکەم، لە پێناوی جەستەی ئەو، کە کڵێسایە.
[25]من بووم بە خزمەتکاری کڵێسا بەپێی ئەو ئەرکەی
کە لەلایەن خوداوە پێم سپێردراوە، تاوەکو تەواوی
پەیامەکەی خوداتان پێ ڕابگەیەنم، [26]ئەم نهێنییەی
لە ڕۆژگارەکانەوە و بە درێژایی نەوەکان شاردراوە
بوو، بەڵام ئێستا بۆ گەلی پیرۆزی خودا ئاشکرا
کرا. [27]پلانی خودا ئەوەیە کە دەوڵەمەندی شکۆی
نهێنییەکە بۆ گەلی خودا لەنێو نەتەوەکاندا ئاشکرا
بکات، نهێنییەکەش ئەوەیە کە مەسیح لە ناخی
دڵماندایە، ئەمەش هیوای شکۆداربوونە.
[28]ئێمە ئەو ڕادەگەیەنین، هەموو کەسێك ئاگادار
دەکەینەوە و بەوپەڕی داناییەوە فێریان دەکەین،
بۆ ئەوەی بتوانین هەر یەکێکیان وەك کەسێکی
پێگەشتوو بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح بهێنینە بەردەم
خودا. [29]بۆ ئەمەش ماندوو دەبم و تێدەکۆشم،
بەگوێرەی کارەکەی کە بەهێزەوە لە مندا کار دەکات.

٢ دەمەوێ بزانن چ خەباتێك دەکەم بۆ ئێوە
و ئەوانەی لە شاری لاودیکییان و هەموو
ئەوانەی ڕووبەڕوو منیان نەبینیوە، [2]تاکو ورەیان
بەرزبێتەوە و لە خۆشەویستیدا یەکبگرن بۆ ئەوپەڕی
دەوڵەمەندی لە تێگەیشتنی تەواو، تاکو نهێنی خودا
بناسین، واتە مەسیح، [3]لە ئەودا هەموو گەنجینەی

[c] ٢٤ مەسیح بەردەوامە لە ئازارکێشان، بە ئامادەبوونی خۆی لەسەر زەوی. بڕوانە کردار ٥:٩.

دانایی و زانیاری شاردراوەتەوە. [٤]ئەمە دەڵێم
تاکو کەس بە قسەی لووس چەواشەتان نەکات.
[٥]هەرچەندە بە جەستە لەلاتان نیم، بەڵام بە ڕۆح
لەگەڵتانم، دڵشادم کاتێک ڕێکی و چەسپاوی باوەڕتان
بە مەسیح دەبینم.

## تەواوەتی مەسیح

[٦]ئیتر هەروەک چۆن عیسای مەسیحتان بە گەورەی
خۆتان وەرگرتووە، بە یەکبوون لەگەڵ ئەو بەردەوام
بن لە ژیان، [٧]لە ئەودا ڕەگ دابکوتن و خۆتان بنیاد
بنێن. وەک فێربوون چەسپاو بن لە باوەڕدا، هەروەها
با دڵتان پڕ لە سوپاسگوزاری بێت.
[٨]ئاگاداربن کەس بە فەلسەفەی پووچ و
هەڵخەڵەتێنەر دیلتان نەکات، کە پشت بە نەریتی
خەڵک و بنەما بنەڕەتییەکانی جیهان دەبەستێت،
نەک بە مەسیح.
[٩]خودا بە هەموو پڕی خۆی لە جەستەی
مەسیح نیشتەجێ بووە، [١٠]ئێوەش بە یەکبوون
لەگەڵ مەسیحدا پڕ بوون لە خودا. مەسیح سەری
هەموو سەرۆکایەتی و دەسەڵاتێکە. [١١]هەروەها بە
یەکبوونتان لەگەڵ مەسیحدا ئێوە خەتەنەیەک کراون
کە بە دەستی مرۆڤ ناکرێت. پێشتر تەواوی سروشتە
گوناهبارەکەتان لەلایەن جەستەوە بەڕێوەدەبردرا،
بەڵام کاتێک ئێوە لەلایەن مەسیحەوە خەتەنە کران[a]،
سروشتە گوناهبارەکە داماڵرا. [١٢]لە کاتی لە ئاو
هەڵکێشانتان لەگەڵ ئەودا نێژران، لەگەڵ ئەویش
هەستانەوە بەهۆی باوەڕتان بە توانای خودا، کە
لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.
[١٣]ئێوەش کە بەهۆی گوناه و خەتەنە نەکردنی
جەستەتان مردبوون، خودا لەگەڵ مەسیحدا زیندووی
کردنەوە، لە هەموو گوناهەکانمان خۆشبوو. [١٤]ئەو
تۆمارەی سڕییەوە[b] کە لە ئەرکەکاندا لەسەرمان
بوو، لە دژی ئێمە بوو، لەم نێوەندە هەڵیگرت
و بە خاچەوە بزمارکوتی کرد. [١٥]سەرۆکەکان و
دەسەڵاتدارانی چەککرد و بە ئاشکرا کردنییە پەند، لە
خاچدا بەسەریاندا زاڵبوو.
[١٦]بۆیە با کەس لە خواردن و خواردنەوە یان
لەبارەی جەژن یان ئاهەنگی دەستپێکی مانگ
یان شەممە حوکمتان نەدات. [١٧]ئەمانە سێبەری
داهاتوون، بەڵام ڕاستییەکە لە مەسیحدایە. [١٨]مەهێڵن
ئەوانەی کە حەز دەکەن خۆیان بە درۆ نزم بکەنەوە
و فریشتەکان بپەرستن لە خەڵاتەکە بێبەشتان
بکەن. ئەو جۆرە کەسانە زۆر بە وردی باسی ئەو
شتانە دەکەن کە بینیویانە، لەخۆبایی بوون بەو
بیرۆکە پووچە دنیاییانەی کە لە مێشکیاندایە. [١٩]ئەم
جۆرە کەسانە دەست بە مەسیحەوە ناگرن، ئەوەی
کە سەری تەواوی جەستەیە و بەهۆیەوە هەموو
جەستەکە هێز وەردەگرێت، لە ڕێگەی جومگە
و بەستەرەکانەوە بە یەکتر بەستراونەتەوە، بەو
شێوەیەی کە خودا دەیەوێت گەشە دەکات.
[٢٠]ئەگەر سەبارەت بە بنەماکانی جیهان لەگەڵ
مەسیحدا مردن، بۆچی وەک ئەوەی لە جیهاندا بژین،
ملکەچی ئەم ئەرکانە دەبن: [٢١]«مەیگرە! تامی مەکە!
دەستی لێ مەدە!»؟ [٢٢]ئەمانە هەموویان ئەرکی
تایبەتن بەو شتانەی کە لەناودەچن، تەنها چەند
یاسا و فێرکردنێکن کە خەڵک دایناون. [٢٣]بە ڕواڵەت
شێوەی داناییان هەیە، لە پەرستنی هەڵبەستراو[c] و
خۆدەرخستن بە بێفیزی و توندوتیژی جەستە، بەڵام
ئەوانە لە دامرکاندنەوەی هەوەسەکانی جەستە
کاریگەرییان نییە.

## باوەڕدار و مەسیح

٣ لەبەر ئەوەی ئێوە لەگەڵ مەسیحدا
هەستێنرانەوە، کەواتە بۆ ئەو شتانەی سەرەوە
کۆشش بکەن، لەوێ مەسیح لە دەستەڕاستی خودا
دانیشتووە. [٢]بایەخ بەو شتانەی سەرەوە بدەن،
نەک ئەوانەی لەسەر زەوین، [٣]چونکە ئێوە مردن،

[a] ١١ مەبەست خەتەنەکردنی دڵ بە ڕۆحی مەسیح. بڕوانە ڕۆما ٢٩:٢.

[b] ١٤ تۆماری قەرزەکانی ئێمە کە گوناهەکانمانە.

[c] ٢٣ مەبەستی لەوەیە کە مرۆڤ خۆی ئایینی بۆ خۆی دروستکردووە و بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێ.

ژیانیشتان لەگەڵ مەسیح لە خودادا شاردراوەتەوە. [٤]کاتێك مەسیح دەردەکەوێت کە ژیانتانە، ئەوسا ئێوەش لەگەڵیدا لە شکۆمەندیدا دەردەکەون.

[٥]کەواتە ئارەزووە دنیاییەکانتان بمرێنن: داوێنپیسی، گڵاوی، هەوەس، ئارەزووی بەد، چاوبرسێتی کە جۆرێکە لە بتپەرستی، [٦]بەهۆیانەوە تووڕەیی خودا دێتە سەر یاخیبووان. [٧]ئێوەش جاران ئاوا هەڵسوکەوتتان دەکرد، کاتێك تێیاندا دەژیان. [٨]بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە فڕێبدەن: هەڵچوون، تووڕەیی، قین، بوختان، قسەی ناشیرین لە زارتان. [٩]لەگەڵ یەکتری درۆ مەکەن، چونکە مرۆڤە کۆنەکە و کردەوەکانتان داکەندووە و [١٠]مرۆڤێکی نوێتان لەبەرکردووە، ئەوەی بەگوێرەی وێنەی بەدیهێنەرەکەی بە ناسینی نوێ بووەتەوە. [١١]لەوێدا جولەکە و ناجولەکە نییە، خەتەنەکراو و خەتەنە نەکراو، بەربەری[a] و سکیسی[b]، کۆیلە و ئازاد نییە، بەڵکو مەسیح هەموو شتێکە و لە هەمووتاندایە.

## باوەڕدار و کڵێسا

[١٢]بۆیە، ئێوە کە گەلی پیرۆز و خۆشەویست و هەڵبژێردراوی خودان، میهرەبانی و نیانی و بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتن لەبەر بکەن. [١٣]بەرگەی یەکتری بگرن، ئەگەر یەکێك سکاڵای لەسەر یەکێك هەبوو، گەردنی یەکتری ئازاد بکەن. وەك مەسیحی باڵادەست لێتان خۆشبوو، ئێوەش لێیان خۆشبن. [١٤]لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە خۆشەویستی لەبەر بکەن، کە لە یەکێتییەکی تەواودا هەموویان دەبەستێتەوە.

[١٥]با ئاشتی مەسیح حوکمی دڵتان بکات، کە بۆ ئەمە بانگکران لە یەك لەشدا، هەروەها سوپاسگوزار بن. [١٦]با پەیامی مەسیح بە دەوڵەمەندی لە ئێوەدا نیشتەجێ بێت، بەوپەڕی دانایی یەکتری فێر بکەن و ئاگادار بکەنەوە، بە زەبوور و سروود و گۆرانی ڕۆحی بە سوپاسگوزاری لە دڵتاندا گۆرانی بۆ خودا بڵێن. [١٧]هەر شتێك دەڵێن و دەیکەن، هەمووی بە ناوی عیسای خاوەن شکۆوە بیکەن، لە ڕێگەی عیساوە سوپاسی خودای باوك بکەن.

## باوەڕدار و خێزان

[١٨]ئەی ژنەکان، ملکەچی مێردەکانتان بن، وەك لە شوێنکەوتووی مەسیح دەوەشێتەوە.

[١٩]ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبوێ، لەگەڵیان ڕەق مەبن.

[٢٠]ئەی منداڵان، لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی دایك و باوکتان بن، چونکە ئەمە جێگەی ڕەزامەندی مەسیحی خاوەن شکۆیە.

[٢١]ئەی باوکەکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن، نەوەك نائومێد بن.

## باوەڕدار لە کارکردن

[٢٢]ئەی کۆیلەکان، لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی گەورەکانی ئەم جیهانەتان بن، نەك تەنها ئەو کاتەی کە چاودێریتان دەکەن بۆ ئەوەی لێتان ڕازی بن بەڵکو دڵسۆزانە چونکە ئێوە لە مەسیحی گەورەکەتان دەترسن. [٢٣]هەر چییەك دەکەن، بە دڵ بیکەن، وەك بۆ مەسیح بێت، نەك بۆ خەڵکی، [٢٤]بزانن لەلایەن مەسیحەوە پاداشتی میرات وەردەگرن، چونکە خزمەتی مەسیحی خاوەن شکۆ دەکەن. [٢٥]بەڵام ئەوەی کاری خراپ بکات سزای خراپەی خۆی وەردەگرێت، خودا لایەنگری ناکات.

٤ ئەی گەورەکان، لەگەڵ کۆیلەکان دادپەروەر و یەکسان بن، بزانن ئێوەش گەورەتان هەیە لە ئاسمان.

## هاندان بۆ نوێژکردن

[٢]پەیوەست بن بە نوێژکردنەوە، بە سوپاسەوە شەوارەی لێ بگرن. [٣]بۆ ئێمەش نوێژ بکەن کە خودا دەرگایەکمان بۆ بکاتەوە بۆ پەیامەکە، بۆ ئەوەی

[a] ١١ بەربەری: ئەو کەسانەی کە بە زمانی یۆنانی قسە ناکەن، بە کەسانی نا ڕۆشنبیر هەژماردکراون.

[b] ١١ بە بیرکردنەوەی ڕۆمانییەکان خەڵکانێکن دڕندەن و زۆر لە ڕۆشنبیرییەوە دوورن.

نهێنی مەسیح ڕابگەیێنین، لەبەر ئەمەش گیراوم، [٤] تاکو ئاشکرای بکەم وەك پێویستە بدوێم. [٥] بە دانایی لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە ڕەفتار بکەن، کات بقۆزنەوە. [٦] قسەتان هەردەم پڕبێت لە نیعمەت، بە خوێ سوێر کرابێت، تاکو بزانن چۆن پێویستە وەڵامی هەرکەسێك بدەنەوە.

## سڵاوی کۆتایی

[٧] تیخیکۆس هەموو هەواڵێکی منتان دەداتێ، برایەکی خۆشەویست و خزمەتکارێکی دڵسۆز کە بەهۆی یەکبوونمان لەگەڵ مەسیحی باڵادەست شان بە شانی ئێمە خزمەتی مەسیح دەکات. [٨] بە تایبەتی بۆ ئەمە ناردمە لاتان، تاکو هەواڵی ئێمە بزانن و ورەتان بەرز بکاتەوە، [٩] لەگەڵ ئۆنسیمۆسی برای خۆشەویست و دڵسۆز، ئەوەی لە خۆتانە، ئەوان هەواڵی هەموو شتێکی ئێرەتان دەدەنێ.

[١٠] ئەریستارخۆسی هاوڕێی بەندییێتیم سڵاوتان لێدەکات، مەرقۆسی ئامۆزای بەرناباسیش. دەربارەی ئەو ڕاسپاردەتان وەرگرتووە. ئەگەر هاتە لاتان پێشوازیی لێ بکەن. [١١] هەروەها عیسا کە بە یوستۆس ناودەبردرێت، ئەویش سڵاوی بۆتان هەیە. تەنها ئەمانە لەنێوان هاوکارانم بۆ شانشینی خودا لە جولەکەکانن[a]، ئەوانەی بوونە هاندەرم. [١٢] ئەپەفراسی بەندەی عیسای مەسیح، ئەویش لە خۆتانە و سڵاوتان لێدەکات، هەردەم لە نوێژەکانیدا لە پێناوتاندا تێدەکۆشێت، تاکو لە تەواویدا بچەسپێن و تەواو دڵنیا بن لە هەموو خواستی خودا. [١٣] شایەتیی بۆ دەدەم کە زۆر ماندوو دەبێت بۆ ئێوە و ئەوانەی لە شارەکانی لاودیکییان و هیراپۆلیسن. [١٤] لۆقای پزیشکی خۆشەویست و دیماس سڵاوتان لێدەکەن. [١٥] سڵاو بکەن لە خوشکان و برایانی لاودیکییا و نیمفاس[b] و ئەو کڵێسایەی لەماڵەکەیەتی.

[١٦] کاتێك ئەم نامەیەتان بۆ خوێنرایەوە، وابکەن لە کڵێسای لاودیکییەکانیش بخوێنرێتەوە، ئەوەی هی لاودیکییاشە ئێوە بیخوێننەوە.

[١٧] بە ئەرخیپۆس بڵێن: «سەیری ئەو خزمەتە بکە کە لە مەسیحی باڵادەستەوە وەرتگرتووە، تاکو تەواوی بکەیت.»

[١٨] من پۆڵسم، سڵاوەکە دەستخەتی خۆمە. یادی کۆتەکانم بکەن. نیعمەت لەگەڵتان بێت.

---

[a] ١١ یۆنانی: خەتەنەکراوان.

[b] ١٥ ئافرەتێکی خزمەتکار بووە.

# یەکەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای سالۆنیکی

### کورتە باسێك

سالۆنیکی پایتەختی ویلایەتی مەکدۆنیا بوو، بەندەرێکی بازرگانی گەورەی لەسەر دەریای ئیجە هەبوو. پۆڵس لەدوای ئەوەی فیلیپیی بەجێهێشت، ڕووی کردە سالۆنیکی و کڵێسای لێ دامەزراند (کردار ١٧:١-٩)، کە زۆربەیان ناجولەکە بوون. لە سالۆنیکی هەندێك جولەکە هەبوون کە دانیشتووانی ئەو شارەیان لە دژی پۆڵس و هەموو باوەڕداران هاندا، لەبەر ئەوە پۆڵس ناچار بوو بچێتە بیریە و لەوێشەوە بۆ ئەسینا. لەدوای ئەوەی تیمۆساوس لە سالۆنیکی هاتەوە و هەواڵی ئەوێی بۆ هێنا، پۆڵس ناردییەوە بۆ سالۆنیکی و خۆی چوو بۆ کۆرنسۆس. لە نزیکەی ساڵی (٥١ و ٥٢ ز.) پۆڵس لە کۆرنسۆسەوە ئەم نامەیەی بۆ باوەڕدارانی سالۆنیکی نووسی.

پۆڵس لە نووسینی ئەم نامەیە چەند مەبەستێکی هەیە:

١. هاندانی باوەڕدارانی سالۆنیکی لە کاتی تاقیکردنەوە و تەنگانەدا (٣:٣-٥).

٢. چۆنیەتی ژیان لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا (٤:١-٨).

٣. هاندان بۆ کارکردن (٤:١١-١٢).

٤. دڵنیاکردنەوە سەبارەت بە گەڕانەوەی مەسیح و هەستانەوەی باوەڕداران (٤:١٣–٥:١١).

باوەڕدارانی سالۆنیکی زۆر پێویستیان بەوە بوو کە لە باوەڕدا زیاتر گەشە بکەن، سەرباری ئەوەی هەندێك تێگەیشتنی هەڵە لەنێو باوەڕداراندا هەبووە لەسەر گەڕانەوەی مەسیح، سەرەتا هانیان دەدات تاکو لەسەر باوەڕیان چەسپاو بن، بە تایبەتیش هەوڵ دەدات ئەم تێگەیشتنە هەڵانە ڕاست بکاتەوە، هەروەها سەبارەت بە هەستانەوە دەڵێ: «لەبەر ئەوەی باوەڕمان بەوە هەیە کە عیسا مرد و هەستایەوە، بە هەمان شێوە باوەڕیشمان بەوە هەیە کە خودا ئەو باوەڕدارانە بۆ لای خۆی دەبات کە بە یەکبوون لەگەڵ عیسادا نوستوون.» (٤:١٤).

١ لە پۆڵس و سیلا[a] و تیمۆساوسەوە،
بۆ کڵێسای سالۆنیکی کە سەر بە خودای
باوك و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆن:
با نیعمەت[b] و ئاشتیتان لەگەڵ بێت.

### سوپاس بۆ باوەڕداران

٢ هەموو کات لە پێناوی هەر یەکێکتاندا سوپاسی
خودا دەکەین و بێ بڕانەوە لە نوێژەکانمان یادتان
دەکەین، ٣ بەردەوام لەبەردەم خودای باوکماندا ئەو
کارانەتان بەبیر دەهێنینەوە کە بەرهەمی باوەڕتانە،
هەروەها ئەو ڕەنجەتان کە لە خۆشەویستییەوەیە و
ئەو دانبەخۆداگرتنەشتان کە سەرچاوە دەگرێت لە
هیواتان بە عیسای مەسیحی گەورەمان.
٤ ئەی خوشکان و برایان، خۆشەویستانی خودا،
دەزانین کە خودا ئێوەی هەڵبژاردووە، ٥ چونکە تەنها
بە قسە پەیامی ئینجیلمان بۆ نەهێنان، بەڵکو بە هێز
و بە ڕۆحی پیرۆز و بە دڵنیایی تەواوە، وەك دەزانن
لە پێناوی ئێوە لەنێوانتاندا چ جۆرە کەسێك بووین.
٦ ئێوەش لاسایی ئێمە و مەسیحی خاوەن شکۆتان
کردەوە، لە تەنگانەیەکی گەورەدا بە خۆشی ڕۆحی
پیرۆز پێشوازیتان لە پەیامەکە کرد، ٧ تاکو بوونە
نموونە بۆ هەموو باوەڕداران لە مەکدۆنیا و ئەخایا.
٨ پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆ لەلای ئێوەوە بڵاو
کرایەوە، نەك تەنها لە مەکدۆنیا و ئەخایا، بەڵکو
ناوبانگی باوەڕتان بە خودا لە هەموو شوێنێکدا بڵاو
بووەتەوە. لەبەر ئەوە پێویستمان بەوە نییە شتێك

---

a ١ یۆنانی: سیلوانۆس.

b ١ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

بڵێین، [٩]چونکە خۆیان باسمان دەکەن کە پێشوازیتان لە ئێمە چۆن بووە و چۆن لە بتپەرستییەوە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا، تاکو خودای زیندوو و ڕاست بپەرستن و [١٠]چاوەڕێی کوڕەکەی بکەن لە ئاسمان، ئەوەی لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە، مەبەست لە عیسایە، ئەوەی لە تووڕەیی داهاتووی خودا دەربازمان دەکات.

## خزمەتکردنی پۆڵس

٢ ئەی خوشکان و برایان، خۆتان دەزانن هاتنمان بۆ لاتان بێ سوود نەبوو، [٢]بەڵکو وەک دەزانن پێشتر لە فیلیپی ئازارمان چێژت و سووکایەتیمان پێ کرا، بەڵام بە پشتیوانی خودا سەرەڕای دژایەتییەکی زۆر، ئازایانە باسی مزگێنی خودامان بۆ کردن. [٣]مەبەستی ئێمە لە هاندانتان چەواشەکردن و بەڕەڵایی و خەڵەتاندن نییە، [٤]بەڵکو هەروەک چۆن لەلایەن خوداوە پەسەند کرابین کە متمانەی مزگێنیمان بدرێتێ، بە هەمان شێوە دەدوێین، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵک نییە، بەڵکو ڕەزامەندی خودا، کە دڵمان تاقی دەکاتەوە. [٥]خودا شایەتە، نە زمانلووسیتان بۆ دەکەین و نە لەبەر چاوچنۆکییە، وەک دەزانن، [٦]چاوەڕوانی ستایش و پێداهەڵدانی خەڵک نەبووین، نە لە ئێوە و نە لە کەسانی دیکەش.

وەک نێردراوانی مەسیح دەمانتوانی بارگرانی بین لەسەرتان، [٧]بەڵام نەرمونیان بووین لەگەڵتاندا، وەک دایکێک شیر بداتە منداڵەکانی. [٨]بە ڕادەیەک ئێوەمان خۆشویست کە ئامادەبووین نەک تەنها مزگێنی خودا بەڵکو خۆشمان لەگەڵتاندا بەش بکەین، چونکە ئێوە لەلای ئێمە زۆر ئازیز بوون. [٩]خوشکان و برایان، دڵنیام ڕەنج و ماندووبوونی ئێمەتان لە یادە، شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد، تاکو بەسەر کەستانەوە نەبینە بار، کاتێک مزگێنی خودامان بۆ ڕاگەیاندن.

[١٠]ئێوە و خوداش شایەتن کە لەنێو ئێوەی باوەڕداردا چۆن بە پیرۆزی و ڕاستودروستی و بێ گلەیی ڕەفتارمان کردووە. [١١]هەروەک دەزانن کە ئێمە لەگەڵ هەریەک لە ئێوە وەکو باوکێک هەڵسوکەوتمان کرد، وەک چۆن باوکێک لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات، [١٢]هانمان دەدان و ورەمان بەرز دەکردنەوە و لێتان دەپاڕاینەوە، بە شێوەیەک بژین شایانی خودا بێت، ئەوەی بۆ شانشین و شکۆی خۆی بانگتان دەکات.

[١٣]لەبەر ئەمە بێ بڕانەوە سوپاسی خودا دەکەین، چونکە پەیامی خوداتان وەک پەیامی مرۆڤ لە ئێمە وەرنەگرت، بەڵکو وەک بەڕاستی وشەی خودا بێت، لە ڕاستیشدا هەر بەو جۆرەیە، ئەوەی لەناو ئێوەی باوەڕداریشدا کار دەکات. [١٤]ئەی خوشکان و برایان، ئێوە بوون بە لاساییکەرەوەی کڵێساکانی خودا لە یەهودیا، واتە ئەوانەی سەر بە عیسای مەسیحن، چونکە ئێوە بە دەستی هاوڵاتییەکانی خۆتان هەمان ئەو ئازارانەتان کێشا کە باوەڕدارانی یەهودیا بە دەستی جولەکەکان کێشایان، [١٥]ئەوانەی عیسای خاوەن شکۆ و پێغەمبەرانیان کوشت و ئێمەیان چەوساندەوە. خودا ڕازی ناکەن و لە دژی هەموو خەڵکن، [١٦]ڕێگامان لێ دەگرن لەوەی بۆ نەتەوەکان بدوێین تاکو ڕزگاربن، بەمەش کاسەی گوناهەکانیان سەرڕێژ دەکەن. بەڵام لە کۆتاییدا تووڕەیی خودا هاتووەتە سەریان.

[١٧]بەڵام ئەی خوشکان و برایان، ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت لێتان دوور کەوتینەوە، بە چاو نەک بە دڵ، زۆر شەیدا و پەرۆشی بینینتان بووین. [١٨]ویستمان بێینە لاتان، لە ڕاستیدا خۆم وەک پۆڵس چەند جارێک هەوڵم دا، بەڵام شەیتان ڕێی لێگرتین. [١٩]هیوا و خۆشی و تاجی شانازیمان لەبەردەم عیسای خاوەن شکۆمان چییە لە کاتی هاتنیدا؟ ئایا ئێوە نین؟ [٢٠]ئێوە شکۆ و خۆشیمانن.

## ناردنی تیمۆساوس بۆ سالۆنیکی

٣ بۆیە کاتێک بەرگەمان نەگرت، بە باشمان زانی بە تەنها لە ئەسینا بمێنینەوە، [٢]تیمۆساوسمان نارد کە برا و هاوکارمانە بۆ خودا لە مزگێنی مەسیحدا، بۆ ئەوەی باوەڕتان بەهێز بکات و هانتان

بدات، [٣]تاکو لەم ناخۆشیانەدا کەس نەهەژێت. خۆتان دەزانن کە بۆ ئەمە دیاری کراوین. [٤]لە ڕاستیدا، کاتێك لەلاتان بووین، بەردەوام پێمان گوتوون کە تووشی چەوسانەوە دەبین، وەك دەزانن ڕوویدا. [٥]لەبەر ئەوە منیش کاتێك بەرگەم نەگرت، تیمۆساوسم نارد بۆ ئەوەی دۆخی باوەڕتان بزانم، نەوەك تاقیکەرەوە تاقی کردبنەوە و ڕەنجمان بەفیڕۆ بچێت.

[٦]بەڵام ئێستا تیمۆساوس لەلای ئێوەوە هاتەوە بۆ لامان، مژدەی باوەڕ و خۆشەویستی ئێوەی پێداین، هەروەها چۆن هەردەم بە چاکە یادمان دەکەن و پەرۆشی بینینمانن، هەروەك چۆن ئێمەش بە پەرۆشین بۆ بینینی ئێوە. [٧]لەبەر ئەوە خوشکان و برایان، لە کاتی تەنگانە و چەوسانەوەماندا، باوەڕتان هاندەرێکی گەورە بوو بۆمان، [٨]چونکە ئێوە بەهۆی یەکبوونتان لەگەڵ مەسیحی باڵادەستدا چەسپاون، ئێستا ئێمەش بەڕاستی دەژین. [٩]نازانین بە چ شێوەیەك سوپاسی خودا بکەین لەبەر ئەو هەموو دڵخۆشییەی لەبەردەم خودامان بە ئێوە هەمانە. [١٠]شەو و ڕۆژ گەرمتر دەپاڕێینەوە، تاکو بتانبینین و کەموکوڕی باوەڕتان دابین بکەین.

[١١]با خودای باوکمان و عیسای گەورەمان ڕێگای هاتنمان بۆ لاتان ئاسان بکات، [١٢]هەروەها داواکارین عیسای خاوەن شکۆ خۆشەویستیتان بۆ یەکتری و هەموو خەڵکی دیکە زیاد و سەرڕێژ بکات، بە ئەندازەی خۆشەویستی ئێمە بۆتان. [١٣]با عیسای خاوەن شکۆمان دڵتان بەهێز بکات تاوەکو لە کاتی گەڕانەوەی لەگەڵ هەموو گەلە پیرۆزەکەی، لەبەردەم خودای باوکمان بێ گلەیی لە پیرۆزیدا بن.

## ژیانێك بۆ ڕازیکردنی خودا

٤ لە کۆتاییدا خوشکان، برایان، ئێمە فێرمان کردووین کە دەبێت چۆن بژین تاکو خودا ڕازی بکەن، وەك ئاواش دەژین، ئیتر داواتان لێ دەکەین و لێتان دەپاڕێینەوە بە ناوی عیسای خاوەن شکۆوە تاکو زیاتر خۆتان تەرخان بکەن، [٢]چونکە دەزانن ئەو ڕاسپاردانە چی بوون کە بە دەسەڵاتی عیسای باڵادەست پێماندان.

[٣]خواستی خودا ئەوەیە کە پیرۆزکراو بن، واز لە داوێنپیسی بهێنن. [٤]هەروەها خودا دەیەوێ کە هەریەکەتان فێری ئەوە بێت کە چۆن جەستەی خۆی پاك و پیرۆز بپارێزێت، [٥]نەك بە ئارەزووی هەوەسبازی وەك ئەو نەتەوانەی خودا ناناسن. [٦]لەم بارەوە کەس بۆ مەرامی خۆی سوود لە برا و خوشکەکەی وەرنەگرێت، هەروەها خراپەیان بەرامبەر مەکەن، چونکە یەزدان تۆڵەی هەموو ئەمانە دەکاتەوە، وەك پێشتر پێمان گوتوون و ئاگادارمان کردوونەتەوە. [٧]خودا بانگی نەکردووین بۆ گڵاوی، بەڵکو بانگی کردین تاکو بە پاك و پیرۆزی بژین. [٨]کەواتە ئەوەی ئەم فێرکردنە ڕەت بکاتەوە، مرۆڤ ڕەت ناکاتەوە بەڵکو خودا، ئەوەی ڕۆحی پیرۆزی خۆی پێدان.

[٩]دەربارەی خۆشەویستی برایانە، پێویست ناکات بۆتان بنووسم، چونکە خۆتان لە خوداوە فێربوون یەکتریتان خۆشبوێ. [١٠]لەڕاستیدا، هەموو خوشك و برایان لە تەواوی مەکدۆنیاتان خۆشدەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەی خوشك و برایان، تکاتان لێ دەکەین کە زیاتر و زیاتر بەم شێوەیە بن.

[١١]با ئامانجی ئێوە بەڕێکردنی ژیانێکی ئارام و هێمن بێت. سەرتان لە کاری خۆتاندا بێت و بە دەستی خۆتان کار بکەن، وەك ڕامانسپاردوون، [١٢]تاکو بە لێوەشاوەیی بژین لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە و پێویستیتان بە کەس نەبێت.

## هاتنەوەی عیسای خاوەن شکۆ

[١٣]خوشکان، برایان، نامانەوێت سەبارەت بە نوستووان[a] نەزان بن، تاکو وەك ئەوانەی دیکە خەمبار نەبن کە هیوایان نییە. [١٤]لەبەر ئەوەی باوەڕمان بەوە هەیە کە عیسا مرد و هەستایەوە، بە هەمان شێوە باوەڕیشمان بەوە هەیە کە خودا ئەو باوەڕدارانە بۆ لای خۆی دەبات کە بە یەکبوون

[a] ١٣ ئەوانەی بە جەستەی مرۆڤانە مردوون.

لەگەڵ عیسادا نوستوون. [١٥]ئێمەش بەگوێرەی فێرکردنی مەسیح ئەمەتان پێ ڕادەگەیەنین، ئێمەی زیندوو کە ماوین هەتا هاتنەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ، پێش نوستووان ناکەوین، [١٦]چونکە مەسیحی خاوەن شکۆ خۆی بە دەنگی بەرز فەرمان دەدات، بە دەنگی سەرۆکی فریشتەکان و بە کەڕەنای خودا، لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و یەکەم جار ئەو مردووانە هەڵدەستنەوە کە لەگەڵ مەسیح یەکیانگرتووە. [١٧]ئینجا ئێمەی زیندوو کە ماوین، هەموومان لەگەڵیان لە هەوردا دەڕفێنرێین بۆ پێشوازی مەسیحی خاوەن شکۆ لە ئاسماندا، ئیتر هەمیشە لەگەڵ ئەو دەبین. [١٨]بۆیە بەم قسانە یەکتری هانبدەن.

٥ خوشکان، برایان، سەبارەت بە کات و بەروار پێویست ناکات بۆتان بنووسین، [٢]چونکە خۆتان باش دەزانن، هاتنی ڕۆژی یەزدان وەك هاتنی دز وایە لە شەودا. [٣]کاتێك خەڵکی دەڵێن: «ئاشتی و ئاسایشە،» دەستبەجێ مردن دێتە سەریان، وەك ژانی ژنی سك پڕ لە ناوەختدا دێت و ناشتوانن دەربازیان بێت.

[٤]بەڵام ئێوە خوشکان، برایان، لە تاریکیدا نین تاکو ئەو ڕۆژە وەك دز لەناکاو بێتە سەرتان، [٥]چونکە هەمووتان ڕۆڵەی ڕووناکی و ڕۆڵەی ڕۆژن. ڕۆڵەی شەو یان تاریکی نین. [٦]کەواتە ئێمە وەك خەڵکی دیکە ناخەوین، بەڵکو با ئێشك بگرین و وریابین، [٧]چونکە ئەوانەی دەخەون بە شەو دەخەون و ئەوانەی سەرخۆش دەبن بە شەو سەرخۆش دەبن. [٨]بەڵام ئێمەی ڕۆڵەی ڕۆژ با وریا بین و سپەری[a] باوەڕ و خۆشەویستی لەبەر بکەین و هیوای ڕزگاری وەك کڵاوی ئاسنین لەسەر بکەین، [٩]چونکە خودا ئێمەی بۆ تووڕەیی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە، [١٠]ئەوەی لە پێناوی ئێمەدا مرد، تاکو ئەگەر بەخەبەر بین یاخود نوستوو[b]، لەگەڵ ئەو بژین. [١١]لەبەر ئەوە یەکتری هانبدەن و یەکتری بنیاد بنێن، وەك دەیکەن.

[١٢]ئیتر خوشکان و برایان، داواتان لێ دەکەین ڕێزی ئەوانە بگرن کە لەنێوتاندا زەحمەت دەکێشن و لە سایەی مەسیحی باڵادەستدا سەرپەرشتی و ئامۆژگاریتان دەکەن، [١٣]لەبەر کارەکانیان ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەربڕن. بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بژین. [١٤]ئەی خوشکان و برایان، لێتان دەپاڕێینەوە: سەرزەنشتی تەمبەڵەکان بکەن، ورەی ترسنۆکەکان بەرز بکەنەوە، یارمەتی لاوازەکان بدەن، لەگەڵ هەمووان پشوودرێژ بن. [١٥]ئاگاداربن پاداشتی خراپە بە خراپە مەدەنەوە، بەڵکو هەمیشە هەوڵ بدەن بۆ یەکتری و بۆ خەڵکی دیکەش باش بن.

[١٦]هەمیشە دڵشاد بن، [١٧]بەردەوام نوێژ بکەن، [١٨]لە هەموو بارودۆخێکدا سوپاسی خودا بکەن، چونکە ئەمە ویستی خودایە بۆ ئێوە بە یەکبوونتان لەگەڵ عیسای مەسیحدا.

[١٩]ڕۆحی پیرۆز مەکوژێننەوە، [٢٠]پەیامی ئەوانە بە سووك مەزانن کە دەڵێن پەیامی خودا ڕادەگەیەنن، [٢١]بەڵام هەموو شتێك تاقی بکەنەوە، چی باشە دەستی پێوە بگرن، [٢٢]لە هەموو جۆرە خراپەیەك دوور بکەونەوە.

## سڵاوی کۆتایی

[٢٣]خودای ئاشتی خۆی بە تەواوی پیرۆزتان بکات. تەواوی ڕۆح و دەروون و جەستەتان لە کاتی هاتنەوەی عیسای مەسیحی گەورەماندا بێ گلەیی بپارێزن. [٢٤]ئەو خودایەی بانگتان دەکات دڵسۆزە و ئەنجامی دەدات.

[٢٥] خوشکان و برایانم، نوێژمان بۆ بکەن. [٢٦]بە ماچی پیرۆز سڵاو لە هەموو گەلی خودایان بکەن. [٢٧]بە ناوی مەسیحی خاوەن شکۆوە ڕاتاندەسپێرم کە ئەم نامەیە بۆ هەموو باوەڕداران بخوێنرێتەوە.

[٢٨]نیعمەتی عیسای مەسیحی گەورەمان لەگەڵتان بێت.

[a] ٨جلێکی ئاسنینە بۆ پاراستنی سنگی سەرباز لە کاتی جەنگدا.

[b] ١٠ مەبەست لەوەیە کە بە جەستەی مرۆڤانە مردوون.

# دووەم نامەی پۆڵس بۆ کڵێسای سالۆنیکی

### کورتە باسێك

لە نزیکەی ساڵی (٥١-٥٢ ز.)، لەدوای نزیکەی شەش مانگ لە نووسینی نامەی یەکەم، پۆڵس ئەم نامەیەی نووسی. لەدوای گەڕانەوەی سیلا و تیمۆساوس لە گەیاندنی نامەی یەکەم دیسان لە کۆرنسۆسەوە درێژەپێدەری نامەی یەکەمی نووسی. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پێشەکی نامەی یەکەم.)

ئەم نامەیە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هاتنەوەی مەسیح چڕدەبێتەوە: «دەربارەی هاتنەوەی عیسای مەسیحی گەورەمان و کۆبوونەوەمان لەگەڵیدا، داواتان لێ دەکەین خێرا بیرتان نەهەژێت و نەترسن لەوەی کە دەڵێن ڕۆژی یەزدان هاتووە.» (٢:١-٢). ناوەڕۆکی نامەکە سێ مەبەستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

١. هاندانی باوەڕداران لەسەر خۆڕاگرییان لەژێر چەوسانەوە (١:٣-١٢).

٢. ڕاستکردنەوەی ئەو بیرە هەڵانەی سەبارەت بە هاتنەوەی مەسیحن (٢:١-١٢).

٣. ڕاسپاردنیان بۆ ئەوەی واز لە تەمبەڵی بهێنن و کار بکەن، «ئەوەی حەز نەکات کار بکات، ناخوات.» (٣:١٠). هەروەها بڕوانە (٣:١٣-٣:١٥).

١ لە پۆڵس و سیلا[a] و تیمۆساوسەوە،
بۆ کڵێسای سالۆنیکییەکان، لە خودای باوکمان و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ:
[٢]با نیعمەت[b] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

### سوپاس و نوێژکردن

[٣]خوشکان، برایان، دەبێت هەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، وەك شایستەیە، چونکە باوەڕتان زۆر گەشە دەکات و خۆشەویستی هەر یەکێکتان و هەموو بۆ یەکتری زیاد دەکات، [٤]بۆیە ئێمە بە خۆمان لە کڵێساکانی خودا شانازیتان پێوە دەکەین، بۆ دانبەخۆداگرتن و باوەڕتان لە هەموو چەوسانەوە و ناخۆشییەك کە بەرگەی دەگرن.

[٥]ئەمە بەڵگەیە کە حوکمی خودا دادپەروەرانەیە، تاکو شیاوی شانشینی خودا بن، ئەوەی کە لە پێناویدا ئازار دەچێژن. [٦]لەلای خودا دادپەروەرانەیە ئەوانەی تەنگتان پێ هەڵدەچنن سزایان بە تەنگانە بداتەوە، [٧]ئێوە کە لەنێو تەنگانەن لەگەڵ ئێمە حەسانەوەتان دەبێت، لە کاتی ئاشکراکردنی عیسای خاوەن شکۆ لە ئاسمان لەگەڵ فریشتە بە تواناکانی لە گڕی ئاگر. [٨]سزای ئەوانە دەدات کە خودا ناناسن و گوێڕایەڵی پەیامی ئینجیلی عیسای خاوەن شکۆمان نابن، [٩]ئەوانە بە لەناوچوونی هەتاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەبوونی مەسیح و شکۆی تواناکەی، [١٠]کاتێك لەو ڕۆژەدا دێتەوە، تاکو لەلایەن گەلە پیرۆزەکەیەوە ستایش بکرێت[c] و ببێتە جێی سەرسامی لەنێو هەموو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، چونکە لەلای ئێوە شایەتییەکەمان باوەڕی پێ کرا.

[١١]هەردەم نزاتان بۆ دەکەین، تاکو خودامان واتان لێ بکات شایانی بانگەوازەکەی بن، هەموو ئارەزوویەك بۆ چاکە و ئەو کردارەی بە باوەڕەوە دەکرێت بە هێزەوە تەواوی بکات، [١٢]تاکو ناوی عیسای خاوەن شکۆمان بەهۆی ئێوەوە شکۆدار بێت و ئێوەش بەهۆی ئەوەوە شکۆدار بن، بەگوێرەی نیعمەتی خودامان و عیسای مەسیحی باڵادەست.

### مرۆڤی سەرپێچی

٢ ئێتر خوشکان و برایان، دەربارەی هاتنەوەی عیسای مەسیحی گەورەمان و کۆبوونەوەمان

[a] ١ یۆنانی: سیلوانۆس.

[b] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[c] ١٠ بڕوانە زەبوورەکان ٧:٨٩.

لەگەڵیدا، داواتان لێ دەکەین ٢خێرا بیرتان نەھەژێت و نەترسن لەوەی کە دەڵێن ڕۆژی یەزدان ھاتووە، بە پشتبەستن بە بینینی ڕۆحی، پەیامی زارەکی، یان بە نامەیەك کە دەڵێن گوایە لە ئێمەوەیە. ٣بە ھیچ شێوەیەك کەس ھەڵتاننەخەڵەتێنێ چونکە ئەو ڕۆژە نایێت ئەگەر پێشتر ھەڵگەڕانەوە[a] نەیێت و مرۆڤی سەرپێچی[b] دەرنەکەوێت، کوڕی وێران[c]، ٤ئەوەی بەرھەڵستی دەکات و بەسەر ھەموو ئەوەی پێی دەگوترێ خودا یان پەرستراو خۆی بەرز دەکاتەوە، تەنانەت لە پەرستگای خودا دادەنیشێت و خۆی بە خودا دەردەخات.

٥ئایا لە یادتان نییە کە لەلاتان بووم ئەمانەم پێ دەگوتن؟ ٦ئێستاش دەزانن چی بەربەستە، تاکو لە کاتی خۆیدا ئاشکرا بکرێت. ٧نهێنی سەرپێچی ئێستا کار دەکات، تەنها تاکو بەربەست لەنێواندا لادەچێت[d]. ٨ئەوسا سەرپێچیکار[e] ئاشکرا دەکرێت، ئەوەی عیسای خاوەن شکۆ بە ھەناسەی دەمی لەناوی دەبات و بە دەرکەوتنی ھاتنەوەی کۆتایی پێی دەھێنێت. ٩ھاتنەوەی سەرپێچیکار پەیوەستە بە کارەکانی شەیتانەوە. ئەو ھەموو جۆرە پەرجوو و نیشانە و کارێکی سەیری درۆیین بەکاردەھێنێت، ١٠ھەروەھا بۆ چەواشەکردنی لەناوچووان ھەموو بەدکارییەك بەکاردەھێنێت، چونکە خۆشەویستی ڕاستییان ڕەتکردەوە، ئەوەی ڕزگاریان دەکات. ١١لەبەر ئەم ھۆیە خودا چەواشەی بەھێزیان بۆ دەنێرێت، تاکو باوەڕ بە درۆ بکەن، ١٢تاکو ھەموو ئەوانەی باوەڕ بە ڕاستی ناکەن و حەزیان لە ناڕەواییە، تاوانبار بکرێن.

١٣بەڵام ئەی خوشك و برایانی خۆشەویستی مەسیحی خاوەن شکۆ، ئێمە دەبێت ھەردەم لەبەر ئێوە سوپاسی خودا بکەین، چونکە خودا ئێوەی بە یەکەمین بەرھەم ھەڵبژاردووە بۆ ڕزگاری بە پیرۆزکردنتان لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە و باوەڕکردنی ڕاستی. ١٤بۆ ئەمەش خودا لە ڕێگەی پەیامی ئینجیلەکەی ئێمەوە بانگی کردن، بۆ دەستکەوتنی شکۆی عیسای مەسیحی گەورەمان. ١٥کەواتە خوشکان و برایان، چەسپاو بن و دەست بگرن بەو نەریتەی لە ئێمەوە فێربوون، چ بە وشە بێت یان بە نامە.

١٦با عیسای مەسیحی گەورەمان خۆی لەگەڵ خودای باوکمان، ئەوەی خۆشیویستین و دڵنەوایی ھەتاھەتایی و ھیوایەکی باشی بە نیعمەت پێداین، ١٧ورەتان بەرز بکاتەوە و لە ھەموو کردار و قسەیەکی چاك بتانچەسپێنێت.

## داوای نوێژکردن

٣ لە کۆتاییدا ئەی خوشکان و برایانم، نوێژمان بۆ بکەن، تاکو پەیامی مەسیحی خاوەن شکۆ بە خێرایی بڵاوبێتەوە و شکۆدار بێت، ھەروەك ئەوەی لەلای ئێوە ڕوویدا، ٢ھەروەھا تاکو لە کەسانی بەد و خراپ ڕزگارمان بکات، چونکە ھەمووان باوەڕیان نییە. ٣بەڵام مەسیحی خاوەن شکۆ دڵسۆزە، ئەوەی دەتانچەسپێنێت و لە شەیتان دەتانپارێزێت. ٤بەھۆی مەسیحی خاوەن شکۆوە متمانەمان بە ئێوە ھەیە، ئەوەی ڕامانسپاردوون دەیکەن و بەردەوام دەبن لەسەری. ٥با عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ خۆشەویستی خودا و دانبەخۆداگرتنی خۆی بخاتە دڵتانەوە.

## ئاگاداری بۆ تەمبەڵەکان

٦ئێستاش خوشکان، برایان، بە ناوی عیسای مەسیحی گەورەمان ڕاتاندەسپێرین، لە ھەر

[a] ٣ ھەڵگەڕانەوە: پۆڵس بە سروشی خودا دەڵێ بەر لە ھاتنی مەسیح لە ھەموو جیھاندا ھەڵگەڕانەوەیەکی گەورە بەرامبەر خودا دەبێت.

[b] ٣ مرۆڤی سەرپێچی: ئەم ھەڵگەڕانەوەیەی بەر لە ھاتنی مەسیح بە سەرپەرشتی کەسێك دەبێت. (بڕوانە دانیال ٢٥:٧؛ ٢٥:٨ و ئاشکراکردن ٥:١٣.)

[c] ٣ کوڕی وێران: مەبەستی ئەوەیە کە چارەنووسی ئاگر دەبێت، بڕوانە یۆحەنا ١٢:١٧.

[d] ٧ ئەو بەربەستانەی لە ئایەتەکانی ١ ھەتا ٤ باسکراوە خودا لە جیھان لایدەدات.

[e] ٨ بڕوانە ٣:٢.

خوشك یان برایەك دوور بکەونەوە کە بە تەمبەڵی ژیان بەڕێ دەکات و بەگوێرەی ئەو نەریتە نییە کە لە ئێمە وەریگرتووە. [٧]ئێوە خۆتان دەزانن کە دەبێت چۆن لاسایی ئێمە بکەنەوە، چونکە کاتێك لەلاتان بووین تەمبەڵ نەبووین، [٨]بەخۆڕایی نانی کەسمان نەخواردووە، بەڵکو شەو و ڕۆژ بە ڕەنج و ماندووبوون کارمان کردووە، تاکو نەبینە بار بۆ کەستان. [٩]ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی مافمان[a] نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆمان بکەین بە نموونە بۆ ئێوە تاکو لاساییمان بکەنەوە. [١٠]تەنانەت کاتێك لەلاتان بووین ئەم ڕاسپاردەیەمان پێدان: «ئەوەی حەز نەکات کار بکات، با نەخوات.»

[١١]ئێمە بیستوومانە هەندێکتان بە تەمبەڵی دەژین و کار ناکەن و خۆیان لە کاروباری کەسانی دیکەدا هەڵدەقورتێنن. [١٢]بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە ئامۆژگاری و فەرمان بەو کەسانە دەکەین کە بە هێمنی کار بکەن و نانی خۆیان بخۆن. [١٣]خوشکان، برایان، ئێوەش لە چاکەکاری وەرە بەرمەدەن و بەردەوام بن.

[١٤]ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵی ئەو ڕاسپاردانە نەبوو کە لەم نامەیەدا هاتووە، دیاری بکەن و تێکەڵی مەبن تاکو شەرمەزار بێت. [١٥]بە دوژمنی دامەنێن، بەڵکو وەك برایەك ئاگاداری بکەنەوە.

## سڵاوی کۆتایی

[١٦]با مەسیحی خاوەن ئاشتی خۆی لە هەموو کات و دۆخێکدا ئاشتیتان بداتێ. با مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵ هەمووتان بێت.

[١٧]من پۆڵسم و بە دەستخەتی خۆم ئەم سڵاوە دەنووسم. ئەمەش نیشانەیەکی ڕاستیی هەموو نامەکانی منە، من بەم شێوەیە نامە دەنووسم. [١٨]نیعمەتی عیسای مەسیحی گەورەمان لەگەڵ هەمووتان بێت.

[a] ٩ ماف بۆ وەرگرتنی یارمەتی وەك خزمەتکارێك.

# یەکەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس

**کورتە باسێك**

تیمۆساوس لە باوکێکی یۆنانی و دایکێکی جولەکە لە شاری لیسترا لەدایك بووە. لە دایکییەوە شارەزایی لە پەیمانی کۆن وەرگرتووە (دووەم تیمۆساوس ٥:١ و ١٥:٣). لەدوای یەکەمین سەردانی پۆڵس بۆ لیسترا باوەڕی هێنا (کردار ١:١٦-٥). کاتێك پۆڵس بۆ دووەمین جار چووەوە لیسترا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی بیکاتە یاوەری خۆی لە گەشتەکانیدا. وەك خزمەتکارێك بۆ ئینجیل خەتەنەی کرد، نەوەك ببێتە کۆسپ بۆ جولەکە توندڕەوەکان. پۆڵس ئەرکی گرنگی پێ سپاردووە، لەوانە لە کاتی کێشەیەکی گەورە بە نوێنەرایەتی خۆی ناردییە کۆرنسۆس (یەکەم کۆرنسۆس ١٤:٤-١٧). لەگەڵ ئەوەی لەم کارە قورسەدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام پۆڵس هەر بە یاوەری خۆی هێشتییەوە. «چونکە کەسم نییە وەك ئەو بە دڵسۆزی بایەخ بە کاروبارتان بدات... بەڵام ئێوە ئاگاداری شارەزایی تیمۆساوسن، چونکە هەروەك چۆن منداڵ لەگەڵ باوکیدا خزمەت دەکات، ئەویش بە هەمان شێوە لەگەڵ من خزمەتی لە مزگێنیدان کردووە.» (فیلیپی ٢٠:٢-٢٢).

لەدوای تەواوبوونی دەستبەسەرییەتی پۆڵس لە ڕۆما (کردار ٢٨)، دەستی بە چوارەمین گەشتی مزگێنیدەرییەتی کرد. چوو بۆ ئەفەسۆس، تیمۆساوسی لەوێ بەجێهێشت بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی کڵێسای ئەوێ هەتا ئەوەی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە نزیکەی ساڵی (٦٣–٦٥ ز.) کاتێك نەیتوانی بگەڕێتەوە ئەم نامەیەی بۆ نووسی. پۆڵس لەم نامەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خودا ڕزگارکەری هەمووانە، ئەوەی دەیەوێت هەموو کەسێك ڕزگار بێت و ڕاستییەکە بزانێت، کڵێساش دەبێتە پێشەنگ لە مزگێنیداندا، تاوەکو ڕاستییەکە بە هەموو نەتەوەکان ڕابگەیەنرێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڕگەکانی نامەکە بۆ ئەم چەند بەشەی خوارەوە دابەش بکەین:

١. ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە فێرکردنی جیاواز (٣:١-١١).
٢. نیعمەتی خودا بۆ پۆڵس (١٢:١-٢٠).
٣. ڕێکخستنی ڕیزەکانی کڵێسا (١:٢–١٦:٤).
٤. هەڵسوکەوتی باوەڕداران (١:٥–٢:٦).
٥. هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە دەوڵەمەندی (٢:٦-٢١).

١ لە پۆڵسەوە کە نێردراوی عیسای مەسیحە
بە فەرمانی خودای ڕزگارکەرمان و عیسای
مەسیحی هیوامان،
[٢] بۆ تیمۆساوس، کوڕی ڕاستەقینەم لە باوەڕدا:
با نیعمەت[a] و بەزەیی و ئاشتی لە خودای باوك و
عیسای مەسیحی گەورەمان.

**مەترسی فێرکردنی جیاواز**

[٣] کاتێك بۆ ناوچەی مەکدۆنیا چووم، لێت پاڕامەوە
لەوێ لە شاری ئەفەسۆس بمێنیتەوە، تاکو خەڵکێك
ڕاسپێری فێرکردنێکی جیاواز[b] نەدەن و [٤] گوێ نەدەنە
ئەفسانە و ڕەچەڵەکی بێ کۆتایی، چونکە دەمەقاڵەی
لێ دەکەوێتەوە، لەبری پلانی خودایی ئەوەی لە
باوەڕە. [٥] ئامانجی ئەم ڕاسپاردەیە[c]: خۆشەویستییە
لە دڵێکی پاك و ویژدانێکی چاك و باوەڕێکی بێ
دووڕوویی. [٦] هەندێك لەمانە لایانداوە، بەلای قسەی
پووچدا ڕۆیشتوون، [٧] دەیانەوێ ببنە مامۆستای

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ٣ فێرکردنێك بە مەبەستی چەواشەکردنی باوەڕداران و بڵاوکردنەوەی بەڕەڵایی.

[c] ٥ بڕوانە ئایەتی ٣.

تەورات، هەرچەندە ئەوەی دەیڵێن و دەیچەسپێنن تێیناگەن.

٨بەڵام دەزانین تەورات چاکە، ئەگەر یەکێك بە دروستی بەکاریبهێنێت، ٩هەروەها دەزانین تەورات بۆ کەسی ڕاستودروست دانەنراوە، بەڵکو بۆ سەرپێچیکار و یاخیبووان، خوانەناس و گوناهباران، پیس و گڵاوەکان، دایك و باوك کوژان، بکوژان، ١٠داوێنپیسان و نێربازان، بازرگانانی کۆیلە، درۆزن و سوێندخۆرانی بە درۆ، هەر شتێکیش لە دژی فێرکردنی دروست بێت، ١١بەگوێرەی پەیامی ئینجیلی شکۆی خودای بەرەکەتدار، ئەوەی بە من سپێردراوە.

## سوپاسکردن بۆ بەزەیی خودا

١٢سوپاسی عیسای مەسیحی گەورەمان دەکەم، ئەوەی بەهێزی کردم و بە دڵسۆزی داناوم و بۆ خزمەتکردن دەستنیشانی کردم. ١٣کە جاران کفرکار و چەوسێنەر و توندڕەو بووم، بەڵام بەزەیی پێم هاتەوە، چونکە بە نەزانی و بێباوەڕی کردوومە. ١٤نیعمەتی مەسیحی گەورەمان لەناو مندا سەرڕێژ بوو، لەگەڵ باوەڕ و خۆشەویستی لە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا.

١٥ئەم قسەیە ڕاستە و تەواو شایانی قبوڵکردنە: عیسای مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتە جیهان، هیچ کەسێك بە ئەندازەی من گوناهبار نییە. ١٦بەڵام بەزەیی پێمدا هاتەوە، تاکو یەکەم جار لە مندا عیسای مەسیح بەوپەڕی پشوودرێژی دەربکەوێت، وەك نموونەیەك بۆ ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن بۆ ژیانی هەتاهەتایی. ١٧بۆ پاشای هەتاهەتایی، نەمر و نەبینراو، تاقە خودا، ڕێز و شکۆی هەتاهەتایە بۆ ئەوە! ئامین.

١٨کوڕم تیمۆساوس، ئەم ڕاسپاردەیەت پێ دەسپێرم، بەگوێرەی ئەو پێشبینییانەی پێشتر دەربارەی تۆ گوتراون، تاکو بەهۆیانەوە جەنگێکی باش بجەنگی، ١٩دەست بە باوەڕ و ویژدانێکی چاکەوە بگرە. هەندێك ڕەتیان کردەوە، جا لەلایەنی باوەڕەوە کەشتییان تێکشکا[a]، ٢٠لەوانە هیمینایۆس و ئەسکەندەر، ئەوانم دایە دەستی شەیتان، بۆ ئەوەی فێربن کە کفر نەکەن.

## نوێژکردن بۆ هەموو خەڵك

٢ بۆیە پێش هەموو شتێك تکا دەکەم، نوێژ و نزا و پاڕانەوە و سوپاسگوزاریتان بۆ هەموو خەڵك بێت، ٢بۆ پاشا و دەسەڵاتداران، تاکو ژیانێکی ئاشتییانە و بە هێمنی بژین، بەوپەڕی لەخواترسی و ڕێزەوە. ٣ئەمەش چاك و پەسەندکراوە لەلای خودای ڕزگارکەرمان، ٤ئەوەی دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت و بۆ ڕاستی ناسین بێن، ٥چونکە خودا یەکە و یەك ئاشتکەرەوە لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە، ٦ئەوەی خوێنی خۆی کردە بەهای ئازادی بۆ هەمووان، شایەتیدانیش[b] لە کاتی گونجاو بوو. ٧بۆ ئەمە من بە مزگێنیدەر و نێردراو دەستنیشان کراوم، ڕاست دەڵێم و درۆ ناکەم، فێرکاری باوەڕ و ڕاستیم بۆ نەتەوەکان.

٨جا دەمەوێ پیاوان لە هەموو شوێنێکدا نوێژ بکەن، دەستی پاکیان بەرز بکەنەوە بێ تووڕەیی و مشتومڕ.

٩ژنانیش پۆشاکیان بە شەرمەوە[c] بێت، بەڕێز و شیاوی خۆیان بڕازێننەوە، نەك بە ئەگریجە و بە زێڕ و مرواری و جلی گرانبەها، ١٠بەڵکو بە کرداری چاك شیاوی ژنێك بێت کە بانگەشەی لەخواترسی بکات.

١١ژن با لە هێمنیدا و ئەوپەڕی ملکەچی فێر بێت. ١٢ڕێگا نادەم ژن فێرکردن بدات و دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت[d]، بەڵکو لە هێمنیدا بێت، ١٣چونکە یەکەم جار ئادەم شێوەی کێشرا، ئینجا حەوا. ١٤هەروەها ئادەم هەڵنەخەڵەتا، بەڵکو ژن

[a] ١٩ مەبەست تێکشکانی باوەڕە لە دڵی باوەڕدار.

[b] ٦ شایەتیدان کە خودا دەیەوێت هەموو خەڵکی ڕزگاریان بێت.

[c] ٩ سەرنجی پیاو ڕانەکێشێت.

[d] ١٢ مەبەستی ئەوەیە کە فێرکردن و سەرپەرشتیکردنی کڵێسا لە دەسەڵاتی پیاودایە.

هەڵخەڵەتا و کەوتە گوناهەوە. [١٥]بەڵام بە منداڵبوون ڕزگاری دەبێت، ئەگەر لە باوەڕ و خۆشەویستی و پیرۆزی و شیاویدا بمێننەوە.

## مەرجەکانی چاودێر

٣ ئەم قسەیە ڕاستە: ئەگەر یەکێك چاوی لە چاودێری بێت، حەزی لە چاکەکارییە. [٢]چاودێر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت، مێردی یەك ژن بێت، وریا، ژیر و بەڕێز، میوان دۆست بێت، بتوانێت خەڵك فێربکات، [٣]سەرخۆش و شەڕفرۆش نەبێت، بەڵکو دڵنەرم بێت، ناکۆکی نەکات، حەزی لە پارە نەبێت. [٤]خێزانەکەی باش بەڕێوە ببات، منداڵەکانی بەوپەڕی ڕێزەوە ملکەچ بن. [٥]ئەگەر کەسێك نەزانێت خێزانەکەی بەڕێوە ببات، چۆن چاودێری کڵێسای خودا دەکات؟ [٦]تازە نەبێت لە باوەڕ، نەوەك لووتبەرز بێت و بکەوێتە سزای شەیتان. [٧]دەبێت ناوبانگی باش بێت لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن، نەوەك قسەی بێتە سەر و بکەوێتە بەر داوی شەیتان.

## مەرجەکانی خزمەتکار

[٨]خزمەتکارانیش دەبێت بەڕێز بن، دوو زمان نەبن، شەراب زۆر نەخۆنەوە، چاویان لە دەستکەوتی نارەوا نەبێت، [٩]بە ویژدانێکی پاك نهێنی باوەڕ بپارێزن. [١٠]با یەکەم جار تاقی بکرێنەوە، کە بێ گلەیی بوون، با وەك خزمەتکار[a] خزمەت بکەن.

[١١]ژنەکانیش دەبێت بەڕێز بن، بوختانکەر نەبن، وریابن، لە هەموو شتێکدا دڵسۆز بن.

[١٢]با خزمەتکار مێردی یەك ژن بێت، ماڵ و منداڵیان باش بەڕێوە ببەن، [١٣]چونکە ئەوانەی باش خزمەتیان کردووە، پلەیەکی باش و متمانەیەکی زۆر لە باوەڕیان بە عیسای مەسیح بەدەستدەهێنن.

## گەورەترین نهێنی

[١٤]هەرچەندە هیوادارم زوو بێمە لات، بەڵام ئەمانەت بۆ دەنووسم، [١٥]تاکو، ئەگەر دواکەوتم، بزانی لە ماڵی خودا خەڵك چۆن ڕەفتار بکەن، ئەوەی کڵێسای خودای زیندووە، کۆڵەکە و بناغەی ڕاستی. [١٦]بە دانپێدانانی گشتی، نهێنی لەخواترسی گەورەیە، ئەمەیە:

«ئەو لە جەستەدا دەرکەوت،
لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە پاکانەی بۆ کرا،
لەلایەن فریشتەکانەوە بینرا،
لەنێو نەتەوەکان جاڕی بۆ درا،
لە جیهاندا باوەڕی پێ هێنرا،
لە شکۆمەندی بەرزکرایەوە.»

## فێرکارانی دووڕوو و درۆزن

٤ ڕۆح بە ڕاشکاوی دەفەرموێ، لە کۆتایی ڕۆژگاردا هەندێك لە باوەڕ هەڵدەگەڕێنەوە، شوێنی ڕۆحی چەواشە و فێرکردنەکانی ڕۆحە پیسەکان دەکەون، [٢]لە دووڕوویی درۆزنان، ویژدانیان داخکراوە. [٣]هاوسەرگیری قەدەغە[b] دەکەن، فەرمانی نەخواردن دەدەن لەو خۆراکەی کە خودا بەدییهێناوە بۆ ئەوەی بە سوپاسی باوەڕداران و ڕاستیناسان وەربگیردرێت. [٤]هەموو بەدیهێنراوی خودا چاکە، ئەگەر شتێك بە سوپاسەوە وەرگیرا ڕەت ناکرێتەوە، [٥]چونکە بە وشەی خودا و نوێژەوە پیرۆزکراوە.

## خزمەتکاری باشی مەسیح

[٦]ئەگەر تۆ بەمانە ڕێنمایی خوشکان و برایان بکەیت، ئەوا دەبیتە خزمەتکارێکی باشی عیسای مەسیح، بە وشەکانی باوەڕ و فێرکردنی باش پەروەردە کرایت، ئەوەی شوێنی دەکەویت. [٧]ئەفسانەی پووچ و هەقایەتی پیرێژنان ڕەت بکەوە، بەڵام مەشق بکە لەسەر لەخواترسی. [٨]وەرزشی جەستەیی بۆ هەندێك شت سوودبەخشە، بەڵام لەخواترسی بۆ هەموو

[a] ١٠ هەر باوەڕدارێکی بانگکراو بۆ خزمەت، بەڵام هەندێك تەرخانکراون بۆ بەرپرسیارێتی تایبەت لە خزمەتدا.

[b] ٣ فەلسەفەیەکی یۆنانییە و دەڵێت هەموو شتێکی ماددی بە خراپەوە بەستراوەتەوە، ئیتر پەیوەندی لەگەڵ ژن خراپەیە.

شتێک سوودبەخشە، چونکە بەڵێنی ژیانی ئێستا و داهاتووی تێدایە.

[٩]ئەم قسەیە ڕاستە و شایانی تەواو پەسەندکردنە. [١٠]بۆ ئەمە ڕەنج دەدەین و تێدەکۆشین، کە هیوامان بە خودای زیندووە، ئەوەی ڕزگارکەری هەموو خەڵکە، بە تایبەتیش باوەڕداران.

[١١] بەم شتانە ڕاسپێرە و فێر بکە. [١٢]با کەس سووکایەتی بە گەنجییەتیت نەکات، بەڵکو ببە نموونەی باوەڕداران لە قسە و ڕەفتاردا، لە خۆشەویستی و باوەڕ و پاکیتدا. [١٣]هەتا دێم بایەخ بە خوێندنەوەی گشتی نووسراوە پیرۆزەکان و وتاردان و فێرکردن بدە. [١٤]ئەو بەهرەیەی لە تۆدایە پشتگوێی مەخە، ئەوەی بە پێشبینی وەرتگرتووە کاتێک پیرانی کڵێسا دەستیان لەسەر دانایت.

[١٥]بایەخ بەم شتانە بدە، هەموو توانای خۆتی تێدا بەکاربهێنە، تاکو پێشکەوتنت بۆ هەمووان دەربکەوێت. [١٦]ئاگاداری خۆت و فێرکردنت بە، لەسەری بەردەوام بە، چونکە ئەگەر ئەمەت کرد خۆت و گوێگرانیشت ڕزگار دەکەیت.

## شێوەی هەڵسوکەوتی باوەڕداران

٥ پیر سەرزەنشت مەکە، بەڵکو وەک باوک هانی بدە، گەنجانیش وەک برا، [٢]پیرێژن وەک دایک، کچانیش وەک خوشک بەوپەڕی پاکی.

## دەربارەی بێوەژنان

[٣]ڕێز لەو بێوەژنانە[a] بگرە کە بەڕاستی بێوەژنن. [٤]بەڵام ئەگەر بێوەژنێک منداڵ و وەچەی هەبوو، با فێربن یەکەم جار وەک ئەرکی باوەڕە ڕێز لە خانەوادەیان بگرن و چاکەی دایک و باوکیان بدەنەوە، چونکە ئەمە پەسەندکراوە لای خودا. [٥]بێوەژنی ڕاستەقینە بە تەنهایە، هیوای بە خودایە، شەو و ڕۆژ بەردەوامە لە نوێژ و پاڕانەوە. [٦]بەڵام ئەوەی بە چێژ دەژیێت، بە زیندوویی مردووە. [٧]جا ئەمانەیان ڕاسپێرە تاکو بێ گلەیی بن. [٨]بەڵام ئەگەر یەکێک بایەخ بە نزیکەکەی نادات بە تایبەتی ئەندامانی خێزانی، ئەوا نکۆڵی لە باوەڕ کردووە و خراپترە لە بێباوەڕ.

[٩]ئەگەر بێوەژن تەمەنی لە شەست ساڵ کەمتر نەبێت و یەک مێردی هەبووبێت لە لیست بنووسرێت، [١٠]بە چاکەکاری شایەتی بۆ بدرێت، منداڵی بەخێو کردبێت، میوانداری کردبێت، پێی باوەڕدارانی شوشتبێت، یارمەتی لێقەوماوانی دابێت، بە هەموو جۆرە چاکەکارییەک هەستا بێت.

[١١]بەڵام بێوەژنانی گەنج لەم لیستەیە دامەنێن، چونکە کاتێک زەوقیان هەستێت پشت لە مەسیح دەکەن، حەز لە شووکردنەوە دەکەن. [١٢]ئینجا تاوانبار دەکرێن، چونکە پەیمانی یەکەمیان شکاندووە[b]. [١٣]هەروەها فێری بێکاری و ماڵەوماڵکردن دەبن، نەک تەنها بێکاری، بەڵکو غەیبەتکاری و خۆخستنە کاروباری خەڵک، باسی شتێک دەکەن کە پێویست نییە. [١٤]بۆیە دەمەوێ بێوەژنانی گەنج مێرد بکەنەوە، تاکو منداڵیان ببێت، ماڵ بەڕێوە ببەن، دەرفەتێک نەدەنە دوژمن بۆ بوختانپێکردنمان، [١٥]چونکە هەندێکیان گومڕا بوونە و بەدوای شەیتان کەوتوون.

[١٦]ئەگەر ژنە باوەڕدارێک بێوەژنێکی لە کەسوکاری هەبوو، با یارمەتی بدات و نەبێتە بار بەسەر کڵێساوە، تاکو کڵێسا یارمەتی ئەوانە بدات کە بەڕاستی بێوەژنن.

## پیرانی کۆمەڵە

[١٧]ئەو پیرانەی کە بە باشی کڵێسا بەڕێوەدەبەن، شایانی ڕێزێکی دووقاتن[c]، بە تایبەت ئەوانەی لە وتاردان و فێرکردنی وشەی خودا ماندوو دەبن، [١٨]چونکە نووسراوە پیرۆزەکە دەفەرموێ: ﴿لە کاتی گێرەکردن دەمی گا مەگرە،﴾[d] هەروەها: ﴿کارگەر شایانی کرێی خۆیەتی.﴾[e] [١٩]سکاڵا لەسەر

[a] ٣ مەبەست لەوانەیە کە مێردیان مردووە.

[b] ١٢ لەدوای مردنی مێردیان بەڵێن دەدەن کە شوو نەکەنەوە.

[c] ١٧ مەبەستی ئەوەیە کە یارمەتی دارایی بدرێن.

[d] ١٨ دواوتار ٤:٢٥

[e] ١٨ لۆقا ١٠:٧

هیچ پیرێک قبوڵ مەکە، بە دوو یان سێ شایەت نەبێت. [٢٠]ئەوانەی گوناه دەکەن لەبەردەم هەمووان سەرزەنشتی بکە، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش بترسن.

[٢١]لەبەردەم خودا و عیسای مەسیح و فریشتە هەڵبژێردراوەکان ڕاتدەسپێرم، ئەم ڕاسپاردانە بە بێ لایەنگری بەجێبگەیەنە، شتێک مەکە بە دەمارگیرییەوە.

[٢٢]بە پەلە دەست لەسەر کەس دامەنێ، بەشداری گوناهی خەڵکی دیکە مەکە. خۆت بە پاکی ڕابگرە.

[٢٣]ئیتر تەنها ئاو مەخۆرەوە، بەڵکو هەندێک شەراب بەکاربهێنە لەبەر گەدە و نەخۆشییە زۆرەکانت.

[٢٤]هەندێک گوناهەکانیان ئاشکرایە، پێشیان دەکەوێت بۆ حوکمدان، بەڵام هەندێک دوایان دەکەوێت. [٢٥]بە هەمان شێوە کرداری چاک ئاشکرایە، تەنانەت ئەوانەی ئاشکراش نین ناتوانرێ بشاردرێتەوە.

## بابەتی کۆیلە

٦ هەموو ئەوانەی لەژێر نیری کۆیلایەتیدان، با وا دابنێن گەورەکانیان شایانی ئەوپەڕی ڕێزن، تاکو کفر بە ناوی خودا و فێرکردنەکەی نەکرێت. [٢]ئەوانەی گەورەکانیان باوەڕدارن با سووکایەتییان پێ نەکەن، چونکە بران، بەڵکو زیاتر خزمەتیان بکەن، چونکە ئەوانەی سوود لە خزمەتیان وەردەگرن باوەڕدار و خۆشەویستن.

جا ئەمانەیان فێربکە و هانیان بدە.

## خۆشەویستی پارە

[٣]ئەگەر یەکێک بە فێرکردنێکی دیکە خەڵک فێردەکات کە ناگونجێت لەگەڵ پەیامی دروستی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان و لەگەڵ ئەو فێرکردنەی لەسەر لەخواترسی ڕاوەستاوە، [٤]ئەوا لووتبەرزە و هیچ تێناگات، حەز لە شەڕەقسە و دەمەقاڵێ دەکات کە دەبێتە هۆی چاوپیسی، ناکۆکی، بوختان، گومانی خراپ و [٥]ململانێ.

ئەمانەش ئەو کەسانە دەیکەن کە بیریان خراپ بووە و ڕاستییان لێ ون بووە، لەخواترسی بە بازرگانی دادەنێن.

[٦]ڕاستە لەخواترسی ئەگەر بە قایلبوون بێت قازانجێکی گەورەیە. [٧]لەبەر ئەوەی هیچمان نەهێناوە بۆ جیهان، ئاشکرایە ناتوانین هیچیشی لێ ببەینە دەرەوە. [٨]جا ئەگەر خواردن و پۆشاکمان هەیە با پێی ڕازیبین. [٩]بەڵام ئەوانەی حەز دەکەن دەوڵەمەند بن، دەکەونە تاقیکردنەوە و داوەوە، هەروەها دەکەونە زۆر ئارەزووی گەوج و زیانبەخش کە وا دەکات مرۆڤ تێبکەوێت و لەناوبچێت. [١٠]لەبەر ئەوەی خۆشەویستی پارە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەموو جۆرە خراپەکارییەک. هەندێک کەس بەدوایدا گەڕان ون بوون لە باوەڕیان و خۆیان تووشی ئازارێکی زۆر کرد.

## تێکۆشانی باوەڕ

[١١]بەڵام تۆ، ئەی پیاوی خودا لەم شتانە ڕابکە. بەدوای ڕاستودروستی و لەخواترسی و باوەڕ و خۆشەویستی و دانبەخۆداگرتن و دڵنەرمیدا بگەڕێ. [١٢]لە تێکۆشانی باوەڕدا باش تێبکۆشە، دەست بە ژیانی هەتاهەتاییەوە بگرە، ئەوەی خودا بانگی کردووی بۆی، کاتێک باش دانت پێدا ناوە لەبەردەم شایەتی زۆردا. [١٣]ڕاتدەسپێرم لەبەردەم خودا، ئەوەی ژیان بە هەمووان دەدات و لەبەردەم عیسای مەسیح، ئەوەی شایەتی باشی دا لەلای پیلاتۆسی پۆنتی، [١٤]کە بە پاکی و بێ گلەیی ئەو ڕاسپاردانە بپارێزیت، هەتا ڕۆژی دەرکەوتنی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، [١٥]ئەوەی خودا لە کاتی دیاریکراو دەریدەخات. خودا، بەرەکەتدار و تاقە سەرۆک، پاشای پاشایان، گەورەی گەورەکان، [١٦]تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکی نیشتەجێیە و کەس لێی نزیک نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و ناتوانێ بیبینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای هەتاهەتایی! ئامین.

[١٧]دەوڵەمەندەکانی ئەم ڕۆژگارە ڕاسپێرە لووتبەرز نەبن و هیوایان بە سامانی لەناوچوو نەبێت، بەڵکو

بە خودا، کە هەموو شتێکمان بە تێروپڕی دەداتێ
تاکو خۆشیی لێ ببینین. [١٨]ڕیایانبسپێرە چاکە بکەن
و لە کاری چاکەدا دەوڵەمەند بن، دڵفراوان بن،
ئامادەبن بەشی خەڵکی دیکە بدەن، [١٩]بەم شێوەیە
گەنجینە و بناغەیەکی چاك بۆ دوارۆژ دادەنێن و
ژیانێك بەدەستدەهێنن کە ڕاستەقینەیە.

[٢٠]تیمۆساوس، سپاردەکە[a] بپارێزە. خۆت
دووربخەرەوە لە هەموو کفرێکی هیچوپووچ و لەو
وتە بێ کەڵکانەی بە درۆ ناونراون زانست، [٢١]کە
هەندێك کردیانە پیشە و سەبارەت بە باوەڕ گومڕا
بوون.
با نیعمەتتان لەگەڵ بێت.

[a] ٢٠ مەبەستی لە ئینجیلی مەسیحە. بڕوانە دووەم تیمۆساوس
١٤:١

# دووەم نامەی پۆڵس بۆ تیمۆساوس

## کورتە باسێک

لەدوای گەشتی چوارەمی مزگێنیدەرییێتییەکەی، پۆڵس وەک تاوانبارێک خرایە ناو کۆتی بەندیخانەوە (١٦:١)، لەژێر چەوسانەوەی نیرۆی ئیمپراتۆردا بوو، نزیکەی ساڵی ٦٦–٦٧ ز. لەم کاتەدا ئەم نامەیەی بۆ تیمۆساوسی خۆشەویستی نووسیوە. دەیزانی کە لە مەرگ نزیک بووەتەوە (٦:٤-٨) دەیویست مەشخەڵی خزمەتەکەی ڕادەستی نەوەی نوێ بکات «ئەوەی لەبەردەم چەندەها شایەتدا لە منت بیستووە، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لێهاتوو بن، خەڵکی دیکەش فێربکەن.» (٢:٢). بۆ زانیاری لەسەر کەسایەتی تیمۆساوس بڕوانە پێشەکی نامەی یەکەم.

ئەم نامەیە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی نووسراوە:

١. پۆڵس هەستی بە تەنهایی دەکرد، چونکە زۆربەی خزمەتکاران بەجێیان هێشتبوو، جگە لە لۆقا (١٥:١–٤:٩-١٢). دوو جار داوای هاتنی تیمۆساوسی کرد، چونکە تیمۆساوسی بە کوڕی خۆی دانابوو.

٢. پۆڵس لە کاتی چەوسانەوەدا بایەخ بە کاروباری کڵێساکان دەدا. تیمۆساوسی هاندەدا بۆ پاراستنی پەیامی مەسیح، «سپاردە چاکەکە بە ڕۆحی پیرۆز بپارێزە،» (١٤:١) هەروەها بۆ بەردەوام بوون لە ڕاگەیاندنی مژدەکە (٢:٤) و ئامادەبوون بۆ چێژتنی ئازار لە پێناویدا (٨:١؛ ٣:٢).

٣. دەیویست لە ڕێگای تیمۆساوسەوە پەیامەکەی ئاراستەی کڵێسای ئەفەسۆس بکات (٢٢:٤).

١ لە پۆڵسەوە کە بە خواستی خودا نێردراوی
عیسای مەسیحە، بەگوێرەی بەڵێنی ژیان بە
یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا،
٢ بۆ کوڕی خۆشەویستم تیمۆساوس:
با نیعمەت[a] و بەزەیی و ئاشتی لە خودای باوک و
عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە لەگەڵتان بێت.

## هاندان بۆ ئازار چێژتن

٣ سوپاسی خودا دەکەم، ئەوەی هەروەک
باوباپیرانم بە ویژدانێکی پاک دەیپەرستم، کاتێک
بە شەو و ڕۆژ بێ بڕانەوە لە پاڕانەوەکانمدا یادت
دەکەم، ٤ کاتێک یادی فرمێسکەکانت دەکەمەوە،
پەرۆشی بینینت دەبم تاکو پڕبم لە خۆشی. ٥ باوەڕی
بێ دووڕوویی تۆم وەبیر دێتەوە کە لە تۆدایە،
ئەوەی یەکەم جار لە لوئیسی داپیرەت و یونیکی
دایکت نیشتەجێ بوو، دڵنیام لە تۆشدایە. ٦ لەبەر
ئەمە وەبیرت دەهێنمەوە ئەو بەهرەیە دابگیرسێنیت
کە لەدوای ئەوەی من دەستم لەسەرت دانا خودا
پێی بەخشیت، ٧ چونکە خودا ڕۆحی ترسی پێمان
نەبەخشیوە، بەڵکو ڕۆحی هێز و خۆشەویستی و
خۆڕاگریی پێ بەخشیوین.
٨ بۆیە نە لە بەرامبەر پەیامەکە سەبارەت بە
مەسیحی گەورەمان و نە بە من کە لە پێناوی ئەودا
بەند کراوم هەست بە شەرمەزاری مەکە، بەڵکو
لەگەڵ من بەشداری لەو ئازارەدا بکە کە بەهۆی
مزگێنییەوە دەیچێژیت، لەودا پشت بە هێزی خودا
ببەستە. ٩ خودا ڕزگاری کردین و بە بانگەوازێکی
پیرۆز بانگی کردین، نەک بەگوێرەی کردارمان،
بەڵکو بەگوێرەی خواست و نیعمەتی خۆی کە پێش
دەستپێکی زەمانە بەهۆی عیسای مەسیحەوە پێمان
دراوە، ١٠ ئێستاش ئاشکرا بوو بە دەرکەوتنی عیسای
مەسیحی ڕزگارکەرمان، ئەوەی مردنی لەناو برد، لە
ڕێگەی پەیامی ئینجیلەوە ژیان و نەمریی ڕووناک
کردەوە. ١١ بۆ ئەم مزگێنییە بە مزگێنیدەر و نێردراو و
مامۆستا دەستنیشان کرام. ١٢ لەبەر ئەم هۆیەش ئەم
ئازارانە دەچێژم، بەڵام شەرمی پێوە ناکەم، چونکە

[a] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

دەزانم باوەڕم بە کێ هێناوە، دڵنیام مەسیح دەتوانێ پارێزگاری سپاردەکەم[a] بکات هەتا ئەو ڕۆژە.

## سپاردە چاکەکە بپارێزە

[١٣]بەدوای ئەو فێرکردنە دروستە بکەوە کە لە منت بیستووە، بیکە سەرمەشقی ژیانت، لەگەڵ ئەو باوەڕ و خۆشەویستییەی کە لە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیحدا هەیە. [١٤]سپاردە[b] چاکەکە بە ڕۆحی پیرۆز بپارێزە کە تیاماندا نیشتەجێیە.

[١٥]ئەمە دەزانی، هەموو ئەوانەی لە ئاسیادان وازیان لێ هێنام، لەوانە فیگەلۆس و هەرمۆگینیس. [١٦]با مەسیحی باڵادەست بەزەیی بە خێزانی ئۆنیسیفۆرۆسدا بێتەوە، چونکە زۆر جار ورەی بەرز کردومەتەوە و شەرمی بە کۆت و زنجیرم نەبووە. [١٧]بەڵکو کاتێك لە ڕۆما بوو، بە پەرۆشییەوە بەدوامدا گەڕا و منی دۆزییەوە. [١٨]با لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا بەهۆی مەسیحی باڵادەستەوە بەزەیی خودای باوك بەدەستبهێنێت. تۆ باش دەزانیت کە لە ئەفەسۆس بە چەندین شێوە خزمەتی کردم.

## بەشداری ئازار بکە

٢ بۆیە کوڕی خۆم، تۆ بەهێز بە بەو نیعمەتەی کە لە عیسای مەسیحدایە. [٢]ئەوەی لەبەردەم چەندەها شایەتدا لە منت بیستووە، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لێهاتوو بن، خەڵکی دیکەش فێربکەن. [٣]بەشداری ئازار بکە وەك سەربازێکی چاك بۆ عیسای مەسیح. [٤]سەربازێك خۆی بە کاروباری ڕۆژگارەوە خەریك ناکات تاکو فەرماندەکەی ڕازی بکات. [٥]ئەگەر یەکێك پێشبڕکێ بکات، خەڵات ناکرێت ئەگەر شوێن یاسای پێشبڕکێکە نەکەوێت. [٦]جوتیاری ڕەنجدەر دەبێ یەکەم بێت لە بەشداری بەرهەم. [٧]بیربکەوە لەوەی دەیڵێم، مەسیحی خاوەن شکۆ پێت دەدات لە هەموو شتێك تێبگەیت.

[٨]یادی عیسای مەسیح بکە، هەستاوەی نێو مردووان، لە نەوەی داودە، بەگوێرەی پەیامی ئینجیلەکەم، [٩]ئەوەی کە لە پێناویدا ئازار دەچێژم تاکو کۆتکردن وەك خراپەکار، بەڵام وشەی خودا کۆت ناکرێت. [١٠]بۆیە بەرگەی هەموو شتێك دەگرم، لەبەر ئەوانەی خودا هەڵیبژاردن، تاکو ئەوانیش ئەو ڕزگارییە بەدەستبهێنن کە بەهۆی عیسای مەسیحەوەیە، لەگەڵ شکۆی هەتاهەتایی.

[١١]ئەم وشەیە ڕاستە:

«ئەگەر لەگەڵیدا مردبین،
لەگەڵیشی دەژین،
[١٢]ئەگەر دانبەخۆدا بگرین،
لەگەڵیدا پاشایەتی دەکەین.
ئەگەر نکۆڵی لێ بکەین،
ئەویش نکۆڵیمان لێدەکات.
[١٣]ئەگەر دڵسۆز نەبین،
ئەو هەر بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە،
چونکە ناتوانێت نکۆڵی لە خۆی بکات.»

## کارگەری وشەی ڕاست

[١٤]ئەمانەیان بیربخەوە و لە شەڕەقسە ئاگاداریان بکەوە لەبەردەم خودا، چونکە سوودی نییە، بەڵکو بیسەران دەڕووخێنێت. [١٥]کۆشش بکە خۆت بسەلمێنی بۆ خودا، کارگەرێکی بێ شەرمەزاری، وشەی ڕاستی بە ڕێگای ڕاست لێك بدەیتەوە. [١٦]خۆت لە قسەی هیچوپووچ بپارێزە، چونکە زیاتر و زیاتر مرۆڤ بەرەو خوانەناسی دەبات. [١٧]وشەکانیان وەك لاڕەشەیە[c] تەشەنە دەکات. لەوانە هیمینایۆس و فیلێتۆس، [١٨]کە لە ڕاستی دەرچوون و دەڵێن هەستانەوە ڕوویداوە، ئیتر باوەڕی هەندێك هەڵدەگێڕنەوە. [١٩]بەڵام بناغە توندەکەی خودا چەسپاوە، ئەم مۆرەی لەسەرە: ﴿یەزدان ئەوانەی هی خۆیەتی دەیانناسێت،﴾[d] هەروەها «ئەوەی ناوی یەزدانی لەسەرە، با لە بەدکاری دووربکەوێتەوە.»

a ١٢ مەبەستی لە ئینجیلە.
b ١٤ مەبەستی لە ئینجیلە.
c ١٧ یۆنانی: گانگرین، نەخۆشییەکی کوشندەیە.
d ١٩ سەرژمێری ١٦:٥

[٢٠]بەڵام لە ماڵی گەورەدا هەر قاپوقاچاغی زێڕ و زیو نییە، بەڵکو تەختە و قوڕیش، هەندێکیان بۆ ڕێزلێنانن ئەوانی دیکە بۆ سووکین. [٢١]بۆیە ئەگەر یەکێك خۆی لەمانە پاك بکاتەوە، ئەوا دەبێتە ئامانێك بۆ ڕێزلێنان، پیرۆز[a] و سوودبەخش بۆ گەورەکەی، ئامادە بۆ هەموو کارێکی چاك.

[٢٢]لە هەوەسەکانی گەنجییەتی ڕابکە، کۆشش بکە بۆ ڕاستودروستی و باوەڕ و خۆشەویستی و ئاشتی لەگەڵ ئەوانەی بە دڵێکی پاك لە مەسیحی باڵادەست دەپاڕێنەوە. [٢٣]لە گفتوگۆی پووچ و نەزان دووربکەوە، بزانە شەڕی لێ دەکەوێتەوە. [٢٤]بەندەی مەسیحی خاوەن شکۆ نابێت شەڕفرۆش بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ هەمووان میهرەبان بێت، هەروەها پێویستە لە کاتی تەنگانە دان بەخۆی بگرێت. [٢٥]ئەوانەی بەربەرەکانێی دەکەن بە دڵنەرمی ڕاستیان بکاتەوە، بە هیوای ئەوەی خودا تۆبەکردنی ڕاستی ناسینیان بداتێ [٢٦]و لە داوی شەیتان هۆشیان بەخۆیاندا بێتەوە، ئەوەی بۆ خواستی خۆی بەندی کردن.

## نیشانەکانی ڕۆژانی دوایی

٣ ئەمە بزانە، لە ڕۆژانی کۆتاییدا کاتێکی تەنگانە دادێت، [٢]چونکە خەڵکی خۆیان خۆشدەوێ، پارەیان خۆشدەوێ، لووتبەرزن، خۆهەڵکێشن، زمانپیسن، گوێڕایەڵی دایك و باوك نابن، سوپاسگوزار نین، گڵاون، [٣]بێ خۆشەویستین، گەردن ئازاد ناکەن، بوختانکەرن، بەسەرخۆدا زاڵنەبوون، دڕندەن، حەز لە چاکە ناکەن، [٤]ناپاکن، سەرەڕۆ و لەخۆباییین، زیاتر حەزیان لە چێژە نەك خۆشەویستی خودا، [٥]ڕواڵەتی خواترسییان هەیە، بەڵام نکۆڵی لە هێزەکەی دەکەن. جا لەوانە دوور بکەونەوە.

[٦]ئەوانە لەو جۆرە کەسانەن کە بە ماڵاندا دەگەڕێن، ژنە لاوازەکان دەستەمۆ دەکەن، کە بە بارگرانی گوناهەوە شوێنی هەموو جۆرە هەوەسێك کەوتوون، [٧]هەردەم فێر دەبن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕاستی بناسن. [٨]وەك یەنیس و یەمبریس[b] بەربەرەکانێی موسایان کرد، ئەوانەش بەربەرەکانێی ڕاستی دەکەن. ئەو پیاوانە مێشکیان گەندەڵ بووە و لەلایەن باوەڕەوە ڕەتکراونەتەوە. [٩]بەڵام زیاتر پێش ناکەون، چونکە گێلایەتییان بۆ هەمووان دەردەکەوێت، وەك گێلایەتی ئەوانی لێهات.

## لەسەر باوەڕت بمێنەوە

[١٠]بەڵام تۆ، فێرکردن و شێوازی ژیان، ئامانج و باوەڕ، ئارامگرتن و خۆشەویستی و دانبەخۆداگرتن، [١١]چەوسانەوە و ئازاری منت زانی، ئەوەی لە ئەنتاکیا و کۆنیا و لیسترا بەسەرم هات، بەرگەی چ چەوسانەوەیەکم گرت، مەسیحی باڵادەستیش لە هەموویان دەربازی کردم. [١٢]هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لەخواترسییەوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیح بژین، دەچەوسێنرێنەوە، [١٣]بەڵام خراپەکار و فێڵبازان بەرەو خراپتر دەڕۆن، چەواشەکار و چەواشەکراو. [١٤]بەڵام تۆ، بمێنەوە لەسەر ئەوەی فێری بوویت و دڵنیابوویت، زانیت لە کێ فێربوویت، [١٥]هەروەها لە منداڵییەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەزانیت کە دەتوانن لە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بتکەنە دانا بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاری. [١٦]هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان[c]، سوودبەخشن بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی، [١٧]تاکو پیاوی خودا تەواو ئامادە بێت بۆ هەموو کارێکی باش.

## وشەی خودا ڕابگەیەنە

٤ لەبەردەم خودا و عیسای مەسیح، ئەوەی لە داهاتوودا زیندووان و مردووان حوکم دەدات، لەبەر دەرکەوتنی خۆی و شانشینەکەی ڕاتدەسپێرم: [٢]وشەی خودا ڕابگەیەنە، ئامادە بە لە کاتی گونجاو

---

[a] ٢١ تەرخانکراو

[b] ٨ دوو جادووگەری میسری بوون کە لە کۆشکی فیرعەون بەربەرەکانێی موسایان کرد، بڕوانە دەرچوون ١١:٧.

[c] ١٦ یۆنانی: فووی خودا.

و نەگونجاو، سەرزەنشت بکە، ڕابخوڕە، ورە بەرز بکەوە، بەوپەڕی پشوودرێژی و فێرکردنەوە، ٣چونکە کاتێک دێت خەڵک بەرگەی فێرکردنی دروست ناگرن، بەڵکو بەگوێرەی ئارەزووی تایبەتی خۆیان مامۆستا کۆدەکەنەوە قدیلکەی[a] گوێیان بکاتەوە. ٤بۆ ڕاستی گوێیان دادەخەن، بۆ ئەفسانە لادەدەن. ٥بەڵام تۆ، لە هەموو شتێکدا وریابە، لە ئازاردا دان بە خۆتدا بگرە، بە کاری مزگێنیدەری هەستە، خزمەتی خۆت تەواو بکە.

٦سەبارەت بە من، وا وەک شەرابی پێشکەشکراو دەڕژێم[b] و کاتی کۆچکردنم هاتووە. ٧تێکۆشانێکی باش تێکۆشاوم، پێشبڕکێکەم تەواو کرد، باوەڕم پاراست. ٨ئێستا تاجی ڕاستودروستیم بۆ دانراوە، ئەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ کە دادوەری ڕاستودروستە لەو ڕۆژەدا دەمداتێ، تەنها بۆ من نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشە کە پەرۆشی دەرکەوتنین.

## دوا ڕاسپاردە

٩کۆشش بکە زوو بێیتە لام، ١٠چونکە دیماس بەجێی هێشتم، ئەم جیهانەی خۆشویست و چوو بۆ سالۆنیکی، کریسکینیش بۆ گەلاتیا و تیتۆس بۆ دەلماتیا. ١١بە تەنها لۆقام لەلایە. مەرقۆس لەگەڵ خۆت بهێنە، چونکە بۆ من سوودبەخشە بۆ خزمەتکردن. ١٢تیخیکۆسم ناردووە بۆ ئەفەسۆس.

١٣کاتێک هاتیت، ئەو کەوایەی لە ترۆیاس لەلای کارپۆس بەجێم هێشت، لەگەڵ خۆتی بهێنە، تۆمارەکانیش[c] بە تایبەت دەستنووسەکان.

١٤ئەسکەندەری مسگەر زۆر خراپەی لەگەڵ کردم، مەسیحی خاوەن شکۆ تۆڵەی لێدەکاتەوە لەسەر کردارەکانی. ١٥خۆتی لێ بپارێزە، چونکە زۆر بەرهەڵستی پەیامەکەمانی کرد.

١٦لە بەرگری یەکەمم کەس لەگەڵم نەهات، بەڵکو هەموو بەجێیان هێشتم. لەسەریان هەژمارد نەکرێت. ١٧بەڵام مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵم وەستا و بەهێزی کردم، تاکو بە منەوە جاڕدانەکە بە تەواوی بدرێت، تاکو هەموو گەلان ببیستن. ئیتر لە دەمی شێر دەرباز بووم. ١٨مەسیحی خاوەن شکۆ لە هەموو خراپەیەکی دادێت دەربازم دەکات و ڕزگارم دەکات بۆ شانشینە ئاسمانییەکەی. با هەتاهەتایە مەسیح شکۆدار بێت! ئامین.

١٩سڵاو لە پریسکیلا و ئەکیلا و خێزانی ئۆنیسیفۆرۆس بکە. ٢٠ئەراستۆس لە کۆرنسۆس مایەوە، بەڵام ترۆفیمۆس بە نەخۆشی لە میلیتۆس بەجێم هێشت. ٢١کۆشش بکە پێش زستان بێی. یۆبۆلۆس و پودیس و لینۆس و کلاودیا و هەموو خوشکان و برایان سڵاوت لێدەکەن.

٢٢مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵ ڕۆحت بێت. با نیعمەتتان لەگەڵ بێت.

[a] ٣ ختووکە، قدیلانێ.

[b] ٦ مەبەستی نووسەر لێرەدا واتە من وا دەمرم، نەریت و باو بووە کە خواردنەوەی گرنگ وەک قوربانی ڕژێنراوە، لێڤییەکان ١٨:٢٣.

[c] ١٣ پەڕتووکی نووسراو لەسەر پێست یان کاغەز و پێچراوەتەوە.

# نامەی پۆڵس بۆ تیتۆس

## کورتە باسێك

تیتۆس باوەڕدارێکی بە ڕەچەڵەك یۆنانی بووە. کاتێك پۆڵس بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گەورە پیاوانی کڵێسا لە ئەنتاکیاوە بەرەو ئۆرشەلیم دەچوو، تیتۆسی لەگەڵ بوو (گەلاتیا ٢:‏١-٣). پۆڵس پەسەندکردنی تیتۆس لەلایەن ڕابەرانی کڵێساوە وەك یەکێك لە باوەڕداران و بەبێ خەتەنەکردن، وەك بەڵگە دەهێنێتەوە کە مزگێنی مەسیح بەبێ جیاوازی بۆ هەموو نەتەوەکانە (گەلاتیا ٢:‏٣-٥). لەوانەیە لە گەشتی سێیەمی پۆڵسدا لەگەڵی بووبێت لە ئەفەسۆس. پۆڵس تیتۆسی لە ئەفەسۆسەوە ناردووە بۆ خزمەتکردن لە کۆرنسۆس (دووەم کۆرنسۆس ٧:‏٥-٦ و ٨:‏٦). تیتۆس بووە نێردراوی پۆڵس لە دوورگەی کریت بۆ سەرپەرشتیکردنی کڵێساکانی ئەوێ، کە دەکەوێتە باشووری یۆنان و لەو سەردەمەدا بە بەڕەڵایی بەناوباگ بووە (١:‏١٢).

پۆڵس لە نزیك ساڵانی (٦٣–٦٥ ز.) لە کۆرنسۆسەوە ئەم نامەیەی نووسیوە بە مەبەستی هاندان و ڕێنماییکردنی سەرپەرشتیاری کڵێسای دوورگەی کریت (١:‏٥) لە بەرامبەر ئەوانەی دژایەتی ئەو دەکەن. هەروەها هاندانی بۆ ئەوەی «لە هەموو شتێکدا ببە بە نموونەیان بۆ چاکەکاری. لە فێرکردندا دروستی و دڵسۆزی پیشان بدە، با قسەت دروست بێت و ڕەخنەی لێ نەگیرێت، تاکو ناحەز شەرمەزار بێت چونکە هیچی خراپ نادۆزێتەوە لە دژتان بیڵێت.» (٢:‏٧-٨). ئەم نامەیە لە چەند بەشێکدا دەردەکەوێ:

١. ڕێنمایی بۆ هەڵبژاردنی پیران (١:‏٥-٩).
٢. دژایەتی فێرکردنی مامۆستایانی درۆزن (١:‏١٠-١٦).
٣. فێرکردن سەبارەت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بنەماکانی ژیانی باوەڕدار (٢:‏١-١٥).
٤. ڕزگاری لە ڕێگای ڕۆحی پیرۆزەوە (٣:‏١-٨).
٥. دوورکەوتنەوە لە قسەی پووچ (٣:‏٩-١١).

1 لە پۆڵسەوە، بەندەی خودا و نێردراوی
عیسای مەسیح، لە پێناوی گەشەکردنی
باوەڕی ئەوانەی خودا هەڵیبژاردوون بۆ ناسینی ئەو
ڕاستییەی کە بەرەو لەخواترسییان دەبات، [2] بە هیوای
ئەو ژیانە هەتاهەتاییەی کە خودا، ئەوەی هەرگیز
درۆ ناکات، لەپێش دەستپێکی زەمان بەڵێنی داوە.
[3] لە کاتی خۆیدا وشەکەی بە ڕاگەیاندن دەرخست،
ئەوەی بەگوێرەی فەرمانی خودای ڕزگارکەرمان بە
من سپێردرا.

[4] بۆ تیتۆسی کوڕی ڕاستەقینەم بەگوێرەی
باوەڕی هاوبەشمان:
با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوك و عیسای
مەسیحی ڕزگارکەرمان لەگەڵت بێت.

[a] ٤ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

## ڕاسپاردەی دانانی پیران

[5] لەبەر ئەمە تۆم لە دوورگەی کریت[b]
بەجێهێشت، تاکو ئەو شتانەی ماونەتەوە ڕێکیان
بخەیت و لە هەموو شارێکدا پیران دابنێیت، وەك
ڕامسپاردوویت، [6] پیر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت،
مێردی یەك ژن بێت، منداڵەکانی باوەڕدار بن و
کەس لەسەر بەڕەڵایی و یاخیبوون سکاڵایان لێ
نەکات. [7] لەبەر ئەوەی چاودێر سەرکاری خودایە،
پێویستە گلەیی لەسەر نەبێت، خۆسەپێن و
تووڕە و سەرخۆش و شەڕفرۆش نەبێت، چاوی لە
دەستکەوتی ناڕەوا نەبێت، [8] بەڵکو میوان دۆست
بێت، حەز لە چاکە بکات، ژیر بێت، ڕاستودروست و
پیرۆز و خۆڕاگر بێت. [9] دەست بە پەیامی متمانەوە
بگرێت کە بەگوێرەی فێرکردنە، تاکو بتوانێت بە

[b] ٥ دوورگەیەکە لە دەریای ناوەڕاست.

فێرکردنی دروست خەڵك هانبدات، سەرزەنشتی بەرهەڵستکاران بکات.

## دژایەتی مامۆستا درۆزنەکان

[10]لەبەر ئەمەیە کە وا دەڵێم چونکە خەڵکی یاخی زۆرن، فێڵبازن و قسەی پووچ دەکەن، بە تایبەتی لەو تاقمەی کە دەڵێن دەبێ باوەڕدار خەتەنە بکرێت. [11]دەبێت دەمی ئەمانە دابخرێت، چونکە بۆ دەستکەوتی ناڕەوا، بە فێرکردنە ناپەسەندەکانیان تەواوی خێزانەکان هەڵدەگەڕێننەوە. [12]یەکێك لە پێغەمبەرانی دوورگەی کریت گوتوویەتی: «کریتییەکان هەمیشە درۆ دەکەن، دەعبای بەدکارن، نەوسنی تەمبەڵن.» [13]ئەم شایەتییە ڕاستە. لەبەر ئەوە بە توندی سەرزەنشتیان بکە، تاکو لە باوەڕدا دروست بن و [14]سەرنج مەدەنە ئەفسانەی جولەکە و ڕاسپاردەی ئەو کەسانەی کە لە ڕاستی هەڵدەگەڕێنەوە. [15]بۆ پاك هەموو شتێك پاکە، بەڵام بۆ گڵاو و بێباوەڕان هیچ شتێك پاك نییە. لەڕاستیدا، بیر و ویژدانیشیان گڵاو بووە. [16]بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا دەناسن بەڵام بە کردەوە نکۆڵی لێ دەکەن. ئەوانە قێزەونن، گوێڕایەڵ نین، بەکەڵکی هیچ چاکەکارییەك نایەن.

## ڕاسپاردە بۆ باوەڕداران

٢ بەڵام تۆ دەبێت بە فێرکردنی دروست خەڵکی فێر بکەیت. [2]پیرەمێردەکان فێر بکەن کە وریابن، بەڕێز، ژیر، دروست بن لە باوەڕ و خۆشەویستی و دانبەخۆداگرتن.

[3]هەروەها پیرێژنەکان فێر بکەن کە بە ڕێزەوە بژین، بوختانکەر نەبن و خوو بە شەرابەوە نەگرن، بەڵام شتی چاك فێری خەڵکی بکەن، [4]تاکو ئامۆژگاری ژنە گەنجەکان بکەن کە مێرد و منداڵیان خۆشبوێت، [5]ژیر، پاك، بە ماڵەوە سەرقاڵ بن، چاك بن، ملکەچی مێردەکانیان بن، نەوەك کفر بە وشەی خودا بکرێت.

[6]بە هەمان شێوە، هانی پیاوە گەنجەکان بدە ژیر بن. [7]لە هەموو شتێکدا ببە بە نموونەیان بۆ چاکەکاری. لە فێرکردندا دروستی و دڵسۆزی پیشان بدە، [8]با قسەت دروست بێت و ڕەخنەی لێ نەگیرێت، تاکو ناحەز شەرمەزار بێت چونکە هیچی خراپ نادۆزێتەوە لە دژتان بیڵێت.

[9]کۆیلەکانیش لە هەموو شتێکدا ملکەچی گەورەکانیان بن، ڕازییان بکەن، بەرپەرچیان نەدەنەوە، [10]هیچیان لێ نەدزن، بەڵکو ئەوپەڕی دەستپاکی پیشان بدەن، تاکو لە هەموو شتێکدا فێرکردنی خودای ڕزگارکەرمان بڕازێننەوە.

[11]نیعمەتی خودا دەرکەوت و ڕزگاری پێشکەشی هەموو خەڵك دەکات. [12]ئەوەی فێرمان دەکات نکۆڵی لە خوانەناسی و هەوەسە دنیاییەکان بکەین، بە ژیری و ڕاستودروستی و لەخواترسی بژین لەم دنیایە، [13]لە چاوەڕوانی هیوای بەرەکەتدار، دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و ڕزگارکەرمان، عیسای مەسیح، [14]ئەوەی بۆ ئێمە خۆی بەختکرد، تاکو لە هەموو سەرپێچییەك بمانکڕێتەوە و گەلێکی تایبەت بۆ خۆی پاك بکاتەوە، دڵگەرم بۆ چاکەکاری.

[15]بەمانە بدوێ، هانبدە و بە هەموو دەسەڵاتێك سەرزەنشت بکە. کەس بە کەمت نەزانێت.

## ڕزگاری بەهۆی ڕۆحی پیرۆز

٣ یادی باوەڕداران بخەرەوە ملکەچی فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتداران بن، گوێڕایەڵ بن، بۆ هەموو کارێکی چاك ئامادەبن، [2]قسە بە کەس نەڵێن، شەڕفرۆش نەبن، خۆنەویست بن، لەگەڵ هەموو خەڵك دڵنەرمی پیشان بدەن.

[3]پێشتر ئێمەش گێل و یاخی و گومڕا بووین، کۆیلەی هەموو جۆرە هەوەس و چێژێك بووین، لە قین و ئیرەییدا دەژیاین، ئێسکگران بووین، ڕقمان لە یەکتری بوو. [4]بەڵام، کاتێك میهرەبانی خودای ڕزگارکەرمان و خۆشەویستییەکەی دەرکەوت، [5]نەك بەهۆی کاری ڕاستودروست کە ئێمە کردوومانە، بەڵکو بە بەزەیی خۆی ڕزگاری کردین، ئەویش لە ڕێگەی ئەو شوشتنەوەیە بوو، کە بەهۆیەوە ڕۆحی پیرۆز لەدایکبوونەوەیەکی نوێ و ژیانێکی نوێی

پێ بەخشین، ٦ئەوەی لە ڕێگەی عیسای مەسیحی
ڕزگارکەرمان بە دڵفراوانی بەسەرمانیدا ڕشت،
٧تاکو، پاش ئەوەی بە نیعمەتی ئەو بێتاوان کراین،
بەگوێرەی هیوای ژیانی هەتاهەتایی دەبینە میراتگر.
٨ئەم وشەیە ڕاستە. سەبارەت بەم شتانە دەمەوێ
سووربیت، تاکو ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هێنا
بایەخ بەوە بدەن کە بۆ کرداری چاك خۆیان تەرخان
بکەن. ئەم شتانە باش و سوودبەخشە بۆ خەڵك.

## دوورکەوتنەوە لە قسەی پووچ

٩بەڵام لە گفتوگۆی گێلانە و ڕەچەڵەك و ناکۆکی و
شەڕ لەسەر تەورات دووربکەوە، چونکە بێ سوود و
پووچە. ١٠ناکۆکیکار ئاگادار بکەوە، لەدوای جارێك و
دووان، لێی دووربکەوە. ١١دەزانیت وەك ئەمە لادەرە
و گوناه دەکات، خۆی حوکمی بەسەر خۆی داوە.

## دوا ڕاسپاردە

١٢کاتێك ئەرتیماس یان تیخیکۆس دەنێرمە لات،
کۆشش بکە لە نیکۆپۆلیس وەرە لام، چونکە بەتەمام
لە زستاندا لەوێ بم. ١٣هەوڵ بدە زیناسی پارێزەر
و ئەپۆلۆس بنێری، تاکو پێویستیان بە هیچ نەبێت.
١٤پێویستە خەڵکەکەمان فێربن کە خۆیان بۆ کرداری
چاك و پێداویستییە گرنگەکان تەرخان بکەن، تاکو
بێ بەرهەم نەبن.
١٥هەموو ئەوانەی لەگەڵمدان سڵاوت لێدەکەن.
سڵاو لەوانە بکە کە لە باوەڕدا ئێمەیان خۆشدەوێت.
با نیعمەت لەگەڵ هەمووتان بێت.

# نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن

## کورتە باسێك

فلیمۆن باوەڕدارێکی ناسراو بوو لە شاری کۆلۆسی، ماڵەکەی خۆی کردبووە کڵێسا بۆ باوەڕداران و تێیدا کۆدەبوونەوە. فلیمۆن کۆیلەیەکی هەبوو بە ناوی ئۆنسیمۆس، کە لە ماڵەکەی هەڵدێت، بەپێی یاسای ڕۆمانی ئەو کاتە سزاکەی قورس بووە. پۆڵس لە بەندیخانە ئۆنسیمۆس دەناسێت و ڕێگای مەسیحی پێ دەناسێنێت (١٠:١). پۆڵس ئەم نامە تایبەتییە دەنووسێت و خراپە و باجەکەی دەخاتە ئەستۆی خۆی و داوا لە فلیمۆن دەکات وەك برایەك لە باوەڕدا وەریبگرێتەوە: «ئەگەر من بە هاوبەش دادەنێیت، وەك من وەریبگرەوە.» (١٧:١).

نزیکەی ساڵی (٦٠ ز.) کاتێك پۆڵس لە ڕۆما لە بەندیخانە بووە، ئەم نامەیە و نامەکانی کۆلۆسی و ئەفەسۆسی نووسیوە.

[١]لە پۆڵسەوە کە لە پێناوی عیسای مەسیح بەند
کراوە، هەروەها لە تیمۆساوسی برامانەوە،
بۆ هاوکار و خۆشەویست فلیمۆن و [٢]خوشکە
ئەپفییە و ئەرخیپۆس کە سەربازە لەگەڵمان،
هەروەها بۆ ئەو کڵێسایەی لە ماڵەکەتدا
کۆدەبنەوە:
[٣]با نیعمەت[a] و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لەگەڵتان بێت.

## خۆشەویستی و باوەڕی فلیمۆن

[٤]هەمیشە سوپاسی خودام دەکەم کاتێك لە
نوێژەکانمدا ناوی تۆ دەهێنم، [٥]چونکە باوەڕی تۆ بە
عیسای خاوەن شکۆ و خۆشەویستی تۆم بۆ هەموو
گەلی پیرۆزی خۆی بیستووە. [٦]نوێژ دەکەم کە
باوەڕی هاوبەشمان کاریگەر بێت لە زانینی هەموو
چاکەیەك کە لە پێناوی مەسیحدا بەشداری دەکەین.
[٧]ئەی برا، بەهۆی خۆشەویستیتەوە زۆر شادبووم
و هاندرام، لەبەر ئەوەی بەهۆی تۆوە دڵی گەلی
پیرۆزی خودا گەشایەوە.

## داواکاری پۆڵس

[٨]بۆیە هەرچەندە بەهۆی مەسیحەوە مافم هەیە
بۆ ئەرکی بەجێ فەرمانت پێ بکەم، [٩]بەڵام لەبەر
خۆشەویستی نێوانمان، منی پۆڵسی پیرەمێرد، ئێستا
کە لە پێناوی عیسای مەسیح گیراوم، [١٠]داواکارییەکەم
لێت هەیە سەبارەت بە ئۆنسیمۆسی[b] کوڕم، ئەوەی
لە بەندیخانە لە ڕێگەی منەوە باوەڕی هێنا. [١١]پێشتر
بۆ تۆ بێ کەڵك بوو، بەڵام ئێستا کەڵکی بۆ من و بۆ
تۆ هەیە.
[١٢]ئەو دەنێرمەوە لات، کە جگەرمە. [١٣]حەزم دەکرد
لەلای خۆم بیهێڵمەوە، تاکو لە جیاتی تۆ خزمەتی
منی کۆت و بەندکراو لە پێناوی مزگێنی مەسیح
بکات. [١٤]بەڵام نەمویست بێ ڕەزامەندی تۆ شتێك
بکەم، تاکو چاکەکەت بە خواستەوە بێت نەك بە
ناچاری. [١٥]لەوانەیە لەبەر ئەمە بووبێت بۆ ماوەیەك
لێت دوور کەوتەوە، تاکو بۆ هەتاهەتایە بگەڕێتەوە
لات، [١٦]جا لە ئەمڕۆ بەدواوە کۆیلە نییە، بەڵکو لە
کۆیلە باشترە، برایەکی باوەڕداری خۆشەویستە.
ئەگەر برایەکی خۆشەویست بێت بۆ من، ئاخۆ چەند
زیاتر دەبێت بۆ تۆ، کە بە لەش وەك مرۆڤ و لەگەڵ
عیسای مەسیح وەك برا هاوبەشن.
[١٧]لەبەر ئەوە، ئەگەر تۆ من بە هاوبەش

[a] ٣:١ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ١٠:١ ئۆنسیمۆس: ناوەکەی لە زمانی یۆنانی واتە بە کەڵك (سوودبەخش).

دادەنێیت، وەك من وەریبگرەوە. [١٨]ئەگەر خراپەیەکی
لەگەڵ کردوویت یان قەرزێکت بەسەرییەوە هەیە،
لەسەر منی بنووسە. [١٩]من پۆڵسم، بە دەستی خۆم
نووسیومە، من دەیدەمەوە. نامەوێ پێت بڵێم
تۆ خۆشت قەرزاری منی. [٢٠]برا گیان، لە پێناوی
گەورەمان ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکە، بە مەسیح
دڵخۆشم بکە. [٢١]ئەمەت بۆ دەنووسم، چونکە دڵنیام
گوێڕایەڵ دەبیت و دەزانم کە زیاتر لەوە دەکەیت
کە داوات لێدەکەم.

## سڵاوی کۆتایی

[٢٢]لەگەڵ ئەمەشدا، ژووری میوانداریم بۆ ئامادە
بکە، چونکە هیوادارم بەهۆی نوێژەکانتانەوە بە ئێوە
ببەخشرێم.
[٢٣]ئەپەفراسی هاوڕێی بەندییێتیم لە پێناوی عیسای
مەسیحدا، سڵاوت لێدەکات، [٢٤]هەروەها مەرقۆس و
ئەریستارخۆس و دیماس و لۆقا، کە هاوکارمن.
[٢٥]نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵ
ڕۆحتان بێت.

# نامە بۆ عیبرانییەکان

## کورتە باسێك

ئەم نامەیە بۆ ئەو جولەکانە نووسراوە کە باوەڕیان بە مەسیح هێنا، پاشان لەلایەن هاوڕەگەزەکانیانەوە تووشی چەوساندنەوە بوون، بۆ ئەوەی واز لە باوەڕەکەیان بهێنن، کە باوەڕیان بە تەواوەتی نیعمەتی مەسیح هەبوو. پێدەچێت بەر لە ڕووخانی پەرستگای ئۆرشەلیم لە ساڵی (٧٠ ز.) نووسرابێت، چونکە بە شێوازی ڕانەبردوو باسی قوربانی دەکات.

بابەتی سەرەکی ئەم نامەیە باسی باڵادەستیی مەسیح و تەواوەتی ئەو دەکات لە ڕاگەیاندنی نیعمەتی خودا. لە سەرەتای نامەکەدا مەسیح وەك سروشی تەواوی خودایەتی پێشکەش دەکات، زۆر لە سەرووی سروشی سنوورداری پەیمانی کۆنە. هەروەها لە ڕێگای دەقە وەرگیراوەکانی پەیمانی کۆنەوە دەریدەخات کە مەسیح لە فریشتەکان و موسا و کاهینییێتی مەلکیسادق کە هێمای مەسیح و کاهینییێتی هارونە و لە قوربانییەکانی پەیمانی کۆن بەرزترە. چەندین جار وشەی «بەرزتر» و «باشتر» بەکاردەهێنێ بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئەوەی پەیمانی مەسیح لە پەیمانی کۆن باشترە: «عیسا بووە دەستەبەری پەیمانێکی باشتر.» (٢٢:٧).

نووسەر وێنەیەکی جوانی مەسیحی شکۆدار دەکێشێ، ئەو کەسەی خۆی هێنایە ڕیزی مرۆڤ و بە مردنی خۆی ڕزگاریی تەواوی بۆ مرۆڤایەتی بەدەستهێنا و لەلای ڕاستی خودا دانیشت. مەبەستی نامەکە چەسپاندنی باوەڕدارانە لە باوەڕیان بە مەسیح و گەشە پێکردنیان، بێ گەڕانەوە بۆ ئەرکە ئایینییە جولەکایەتییەکان، تاکو دەگەنە ڕاستی تەواوەتی و هاندانیان بۆ بەرگەگرتنی ئازار.

## پایەبەرزی عیسای مەسیح

١ لە سەردەمانی کۆنەوە خودا زۆر جار و بە
ڕێگای جۆراوجۆر لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە
لەگەڵ باوباپیراندا دواوە، ٢ بەڵام لەم ڕۆژانەی
کۆتاییدا لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە لەگەڵمان دوا،
ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەك میراتگری
هەموو شتێك و لە ڕێگەی ئەویشەوە گەردوونی
دروستکردووە. ٣ کوڕەکە تیشکی شکۆی خودایە و
بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی[a]، هەڵگری هەموو
شتێکە بە هێزی فەرمایشتی خۆی، لەدوای ئەوەی
پاکسازیی بۆ گوناه کرد لە دەستەڕاستی خودای
مەزن لە ئاسمان دانیشت. ٤ بەم شێوەیە کوڕەکە لە
فریشتەکان پایەبەرزتر بوو، بەو ئەندازەیەی ناوێکی
بە میرات بۆ مایەوە زۆر لەوان شکۆدارتر.

٥ ئایا خودا چ جارێك بە کام لە فریشتەکانی
فەرمووە:

﴿تۆ کوڕی منی،
من ئەمڕۆ بوومە باوکت﴾[b]؟

هەروەها:

﴿من دەبمە باوکی ئەو و
ئەویش دەبێتە کوڕی من﴾[c]؟

٦ دیسان کاتێك خودا نۆبەرەکەی دەهێنێتە جیهانەوە،
دەفەرموێت:

﴿با هەموو فریشتەی خودا کڕنۆشی بۆ ببەن.﴾[d]

٧ لەبارەی فریشتەش دەفەرموێ:

---

[a] ٣ وێنەی کرۆکیەتی: مەبەستی لەوەیە کە مەسیح دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ناخی خودایە.

[b] ٥ زەبوورەکان ٧:٢.

[c] ٥ دووەم ساموئێل ١٤:٧ و یەکەم پوختەی مێژوو ١٣:١٧.

[d] ٦ لە وەرگێڕانی یۆنانی بۆ پەیمانی کۆن، دواوتار ٤٣:٣٢.

﴿خودا وا لە فریشتەکانی دەکات وەك با بن،
خزمەتکارەکانیشی وەك بڵێسەی ئاگر.﴾[a]

٨بەڵام لەبارەی کوڕەکە:

﴿ئەی خودایە، تەختی تۆ بۆ هەتاهەتاییە،
گۆچانی شانشینیت گۆچانی دادپەروەرییە.
٩تۆ حەزت لە ڕاستودروستییە و ڕقت لە خراپە
بووەوە،
بۆیە خودا، خودای خۆت لە سەرووی
هاوەڵەکانتەوە دایناوی،
بە ڕۆنی شادی دەستنیشانی[b] کردیت.﴾[c]

١٠هەروەها:

﴿تۆ یەزدان، لە سەرەتاوە بناغەی زەویت دانا،
ئاسمانیش دەستکردی تۆیە.
١١ئەوان لەناودەچن، بەڵام تۆ دەمێنیت،
هەموو وەك کراس کۆن دەبن.
١٢وەك کەوا دەیپێچیتەوە، وەك بەرگی کۆن
دەگۆڕدرێن،
بەڵام تۆ هەروەك خۆتی، ساڵانی تۆ کۆتایی
نایەت.﴾[d]

١٣ئایا خودا چ جارێك بە کام لە فریشتەکانی فەرمووە:

﴿لە دەستەڕاستم دابنیشە
هەتا دوژمنانت دەکەمە تەختەپێ[e] بۆ
پێیەکانت﴾[f]؟

١٤ئایا هەموویان ڕۆحی خزمەتکارانە نین کە نێردراون

[a] ٧ زەبوورەکان ١٠٤:٤.
[b] ٩ لە پەیمانی کۆن داود لەلایەن ساموئێلەوە چەورکرا کە هەڵبژاردەی خودایە، ئەم چەورکردنەش وەك نەریتێك بەردەوام بوو بۆ ڕزگاریی خودا.
[c] ٩ زەبوورەکان ٤٥:٦،٧.
[d] ١٢ زەبوورەکان ١٠٢:٢٥-٢٧.
[e] ١٣ بەهۆی ئەوەی پاشا کورسییەکەی بەرز بووە، تەختەیەك لەژێر پێی دانراوە کە وێنەی دوژمنەکانی لەسەر کێشراوە، وەك هێمایەك بۆ خستنە ژێر پێیان.
[f] ١٣ زەبوورەکان ١١٠:١.

بۆ خزمەتی ئەوانەی لە داهاتوو ڕزگاری بە میرات دەگرن؟

## پشتگوێ نەخستنی ڕزگاری

٢ لەبەر ئەمە دەبێ وریاتر بین لەوەی بیستمان،
نەوەك لێی لابدەین، ٢چونکە ئەگەر پابەند
بوون بەو پەیامەی کە لە ڕێگەی فریشتەکانەوە
گوترا، کە هەموو دەستدرێژی و سەرپێچییەك سزای
دادپەروەرانەی وەرگرتووە، ٣ئەوا ئێمە چۆن دەتوانین
لەو سزایە هەڵبێین، کە ڕزگارییەکی ئەوەندە
گەورەی وەك ئەمە پشتگوێ بخەین؟ ئەوەی یەکەم
جار بەهۆی مەسیحی خاوەن شکۆوە گوترا و لەلایەن
ئەوانەی بیستیان بۆمان پشتڕاست کرایەوە، ٤خوداش
بە نیشانە و کاری مەزن و پەرجووی جۆراوجۆر
شایەتی بۆ ئەم ڕزگارییە دا، هەروەها بەو بەهرانەی
ڕۆحی پیرۆز کە بەگوێرەی خواستی خۆی دابەشی
کردوون.

## عیسا وەك براکانیەتی

٥ئەو جیهانەی کە دێت و باسی دەکەین، ملکەچی
فریشتەکانی نەکردووە. ٦بەڵام لە شوێنێکدا کەسێك
شایەتی داوە:

﴿مرۆڤ چییە تاکو بیری لێ بکەیتەوە؟
کوڕی مرۆڤ چییە تاکو بایەخی پێبدەیت؟
٧بۆ ماوەیەکی کەم ئەوت لە فریشتەکانت بە
کەمتر دانا و
تاجی شکۆ و ڕێزت خستە سەری،
٨ هەروەها هەموو شتێکت خستووەتە ژێر پێی
ئەو.﴾[g]

کاتێك خودا هەموو شتێکی ملکەچ کردووە، هیچ
شتێکی نەهێشتەوە ملکەچی نەکات. هەرچەندە
ئێستا نابینین هەموو شتێك ملکەچی کرابێت.
٩بەڵکو عیسا دەبینین، ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت
لە فریشتەکان کەمتر دانرا، لەبەر ئازاری مردن تاجی

[g] ٨ زەبوورەکان ٨:٤-٦.

شکۆ و ڕێزی خراوەتە سەر، تاکو بە نیعمەتی خودا لە جیاتی هەر یەکێك مردن بچێژێ.
١٠ لە خودا دەوەشایەوە، ئەوەی هەموو شتێك بۆ ئەو و بەهۆی ئەوەوەیە، کاتێك دەیویست ڕۆڵەی زۆر بهێنێتە نێو شکۆمەندییەکەی، دەبووایە عیسا کە پێشەنگی ڕزگارکردنیانە، لە ڕێگەی ئازارەوە بکاتە ڕزگارکەرێکی تەواو. ١١ عیسا کە خەڵك پیرۆز دەکات و ئەو خەڵکەی پیرۆز کراون هەردووکیان سەر بە یەك خێزانن، لەبەر ئەم هۆیەش عیسا شەرم ناکات بە خوشك یان برا ناویان ببات. ١٢ دەفەرموێ:

«ناوی تۆ بە براکانم ڕادەگەیەنم،
لەناو کۆمەڵدا[a] ستایشت دەکەم.»[b]

١٣ هەروەها:

«من بەوە پشتبەستوو دەبم.»[c]

دیسان:

«ئەوەتا خۆم و ئەو منداڵانەی خودا پێیداوم.»[d]

١٤ بۆیە کە منداڵەکان لە گۆشت و خوێن بەشدارن، ئەویش بە هەمان شێوە بەشداری لە سروشتی مرۆڤایەتییان کرد، تاکو بەهۆی مردنی خۆیەوە لەناوببات کە هێزی مردنی هەیە، واتە شەیتان، ١٥ ئەوانەش ئازاد بکات کە بە درێژایی ژیانیان لە ترسی مردن ملکەچی کۆیلایەتی بوون. ١٦ بە ڕاستیش بۆ یارمەتیدانی فریشتە نییە، بەڵکو بۆ یارمەتیدانی نەوەی ئیبراهیمە. ١٧ لەبەر ئەوە پێویست بوو لە هەموو ڕوویەکەوە لە خوشکان و برایانی بچێت تاکو ببێتە سەرۆك کاهینێکی بە بەزەیی و دڵسۆز لە خزمەتکردنی خودا، هەروەها ببێتە کەفارەت[e] لە پێناوی گوناهەکانی خەڵك. ١٨ لەبەر ئەوەی خۆی ئازاری چێژتووە و تاقی کراوەتەوە، دەتوانێت یارمەتیی ئەوانەش بدات کە تاقی دەکرێنەوە.

## عیسا پایەبەرزترە لە موسا

٣ کەواتە ئەی خوشك و برایانی پیرۆز، ئێوە کە لە بانگەوازی ئاسمانی بەشدارن، سەیری عیسا بکەن کە نێردراو و سەرۆك کاهینی دانپێدانانمانە. ٢ ئەو دڵسۆز بوو بەرامبەر ئەو خودایەی کە دەستنیشانی کرد، هەروەك موسا لە هەموو ماڵی خودا دڵسۆز بوو. ٣ عیسا بۆی دانرا شایانی شکۆیەکی زیاتر بێت لە موسا، وەك چۆن دروستکەری خانوویەك ڕێزی لە خودی خانووەکە زیاترە. ٤ لەبەر ئەوەی هەموو خانوویەك یەکێك دروستی کردووە، بەڵام ئەوەی هەموو شتێکی دروستکردووە خودایە. ٥ موسا وەك خزمەتکارێکی دڵسۆز لە هەموو ماڵی خودا بوو و شایەتی بۆ ئەو فەرمایشتانە دەدا کە لە داهاتوودا خودا دەیفەرموو. ٦ بەڵام مەسیح وەك کوڕەکە لەسەر ماڵی خودا[f] دڵسۆزە، ئەو ماڵەش ئێمەین، ئەگەر دەستبگرین بەو متمانە و هیوایەی کە شانازی پێوە دەکەین.

## ئاگادارکردنەوە لە دژی بێباوەڕی

٧ لەبەر ئەوە، وەك ڕۆحی پیرۆز دەفەرموێ:

«ئەمڕۆ، کاتێك گوێتان لە فەرمایشتی ئەو دەبێت،
٨ دڵی خۆتان ڕەق مەکەن وەك لە یاخیبوونەکە ڕوویدا،
لە ڕۆژانی تاقیکردنەوە لە بیابان.
٩ لەوێ باوباپیرانتان ئەزموونیان کردم و تاقییان کردمەوە[g]،
هەرچەندە بۆ ماوەی چل ساڵ کردارەکانی منیان بینی.
١٠ لەبەر ئەوە لەو نەوەیە تووڕە بووم،

[a] ١٢ یۆنانی: کڵێسا.
[b] ١٢ زەبوورەکان ٢٢:٢٢.
[c] ١٣ ئیشایا ١٧:٨.
[d] ١٣ ئیشایا ١٨:٨.
[e] ١٧ ئەو قوربانییەی کە تووڕەیی خودا لادەدات.
[f] ٦ ماڵی خودا: مەبەست لەو پیرۆزگایەیە کە لە ئاسماندا هەیە. بڕوانە زەبوور ٢٠: ٦.
[g] ٩ بڕوانە یاقوب ١:١٣،١٤.

فەرمووم: «دڵیان هەر بەرەو گومڕایی دەڕوات
و
ڕێگای منیان نەناسی.»
١١ بۆیە لە تووڕەییمدا سوێندم خوارد:
«نایەنە ناو حەسانەوەی من.»﴾[a]

١٢ خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك
یەکێکتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە
خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە. ١٣ بەڵکو هەموو
ڕۆژێك یەکتری هانبدەن، ئەوەندەی پێی دەگوترێ
﴿ئەمڕۆ،﴾[b] تاکو کەستان بە فێڵی گوناه دڵی ڕەق
نەبێت. ١٤ بووینە هاوبەشی مەسیح، ئەگەر تاکو
کۆتایی دەستبگرین بەو متمانەیەی لە سەرەتاوە
هەمانە. ١٥ وەك گوترا:

﴿ئەمڕۆ، کاتێك گوێتان لە فەرمایشتی ئەو
دەبێت،
دڵی خۆتان ڕەق مەکەن وەك لە یاخیبوونەکە
ڕوویدا.﴾[c]

١٦ جا کێن ئەوانەی بیستیان و یاخیبوون؟ ئایا
هەموو ئەوانە نەبوون کە لە میسر بە ڕابەرایەتی
موسا هاتنە دەرەوە؟ ١٧ خودا بۆ ماوەی چل ساڵ لە
کێ تووڕە بوو؟ ئایا لەوانە نەبوو کە گوناهیان کرد
و لە بیاباندا تەرمەکانیان کەوت؟ ١٨ خودا سوێندی
لە کێ خوارد کە ناچێتە حەسانەوەکەی؟ ئایا لەوانە
نەبوو کە یاخیبوون؟ ١٩ هەر بۆیە دەبینین لەبەر
بێباوەڕی نەیانتوانی بچنە ژوورەوە.

## بەڵێنی حەسانەوەی خودایی

٤ بۆیە کە بەڵێنی چوونە ناو شوێنی حەسانەوەی
خودا هەر ماوە، دەبێ بترسین نەوەك
یەکێکتان ئەو بەڵێنەی بەرنەکەوێت. ٢ هەرچەندە
ئێمەش وەك ئەوان مزگێنیمان درایێ، بەڵام ئەو
پەیامەی ئەوان بیستوویانە سوودی بۆیان نەبوو،
چونکە ئەوانەی ئەو پەیامەیان بیست لە دڵیانەوە بە
باوەڕ وەریان نەگرت. ٣ ئێمەی باوەڕدار دەچینە ناو
حەسانەوەی خودا، هەروەك خۆی فەرموویەتی:

﴿بۆیە لە تووڕەییمدا سوێندم خوارد:
«نایەنە ناو حەسانەوەی من.»﴾[d]

هەرچەندە کارەکان لە دامەزراندنی جیهانەوە تەواو
بوون. ٤ لە شوێنێکدا دەربارەی ڕۆژی حەوتەمی
هەفتە فەرموویەتی: ﴿ئیتر خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا
لە هەموو کارەکانی پشووی دا.﴾[e] ٥ دیسان لەمەشدا:
﴿نایەنە ناو حەسانەوەی من.﴾
٦ ئەوانەی پێشتر مزگێنییان درایێ نەیانتوانی بچنە
شوێنی حەسانەوەی خودا، چونکە یاخیبوون. ئیتر
شتێکی ڕوونە کە شوێنی حەسانەوەی خودا چاوەڕێی
کەسانی دیکە دەکات. ٧ دیسان خودا ڕۆژێکی دیاری
کرد، ناوی ئەو ڕۆژەشی نا «ئەمڕۆ»، کاتێك لەدوای
ماوەیەکی زۆر لە ڕێگەی داودی پێغەمبەرەوە قسەی
کرد، هەروەك پێشتر باسمان کرد:

﴿ئەمڕۆ، کاتێك گوێتان لە فەرمایشتی ئەو
دەبێت،
دڵی خۆتان ڕەق مەکەن.﴾[f]

٨ لەبەر ئەوەی ئەگەر یەشوع ئەوانی بحەساندبایەوە،
ئەوا پاش ئەوە خودا باسی ڕۆژێکی دیکەی نەدەکرد.
٩ کەواتە حەسانەوەی ڕۆژی حەوتەم بۆ گەلی خودا
ماوە، ١٠ چونکە ئەوەی بچێتە ناو حەسانەوەی خودا لە
کارەکانیشی پشوو دەدات، وەك خوداش لە کارەکانی
پشووی دا. ١١ بۆیە با تێبکۆشین تاکو بچینە ناو ئەو
حەسانەوەیە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك دیسان دوای
هەمان پەندی یاخیبوون نەکەوێت و لەناونەچێت،
١٢ چونکە پەیامی خودا زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو
شمشێرێکی دوودەم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕۆح
و جومگە و مۆخی ئێسك دەبڕێت، نیاز و بیری
دڵ جیا دەکاتەوە. ١٣ بەدیهێنراو نییە لەبەرچاوی

[a] ١١ زەبوورەکان ٩٥:٧-١١.
[b] ١٣ زەبوورەکان ٩٥:٧.
[c] ١٥ زەبوورەکان ٩٥:٧،٨.
[d] ٣ زەبوورەکان ٩٥:١١، هەروەها لە ئایەتی ٥.
[e] ٤ پەیدابوون ٢:٢.
[f] ٧ زەبوورەکان ٩٥:٧،٨.

خودا شاردراوە بێت، بەڵکو هەموو شتێك ڕووت و
ئاشکرایە لەبەرچاوی خودا کە هەر یەکێك لە ئێمە
دەبێت حیسابی خۆی بخاتە بەردەستی.

## عیسا سەرۆك کاهینی پایەبەرزە

[١٤]لەبەر ئەوەی ئەو سەرۆك کاهینە پایەبەرزەمان
هەیە کە بە ئاسماندا تێپەڕی، عیسای کوڕی خودا،
با دەستبگرین بەو باوەڕەوە کە دانمان پێدا ناوە،
[١٥]چونکە سەرۆك کاهینێکمان نییە کە نەتوانێت
هاوخەمی لاوازییەکانمان بێت، بەڵکو سەرۆك
کاهینێکمان هەیە کە وەکو ئێمە لە هەموو شتێك
تاقی کراوەتەوە، بەڵام بێ گوناه دەرچوو. [١٦]بۆیە با
بە متمانەوە لە تەختی نیعمەت[a] بچینە پێش، بۆ
ئەوەی بەزەیی وەربگرین و نیعمەت بدۆزینەوە
تاکو لە کاتی پێویستدا یارمەتیمان بدات.

٥ هەر سەرۆك کاهینێك لەنێو خەڵك
هەڵبژێردراوە، وەك نوێنەری خەڵك لە
کاروباری خودا دەستنیشان کراوە، تاکو دیاری و
قوربانییەکانی گوناه پێشکەش بکات. [٢]دەتوانێ
لەگەڵ نەزان و چەواشە کراوان دڵنەرم بێت، چونکە
خۆشی وەك ئەوان گرفتاری لاوازییە. [٣]لەبەر ئەوە
پێویستە لە پێناوی گوناهەکانی خۆی قوربانی بکات،
هەروەك لە پێناوی گوناهەکانی کەسانی دیکە
دەیکات.
[٤]کەس ئەم ڕێزە بۆ خۆی وەرناگرێت، بەڵکو
دەبێت خودا بانگی بکات، هەروەك چۆن خودا
هارونی بانگکرد. [٥]بە هەمان شێوە، مەسیح خۆی
شکۆدار نەکرد تاکو ببێتە سەرۆك کاهین، بەڵکو
خودا پێی فەرموو:

﴿تۆ کوڕی منی،
من ئەمڕۆ بوومە باوکت.﴾[b]

[٦]وەك لە شوێنێکی دیکەش دەفەرمووێ:

﴿هەتاهەتایە تۆ کاهینیت،
لە پلەی مەلکیسادق.﴾[c][d]

[٧]عیسا لە ماوەی ژیانی لەسەر زەوی، بە هاواری
توند و فرمێسکەوە نوێژ و پاڕانەوەی پێشکەش
بە خودا کرد، ئەوەی توانای ڕزگارکردنیی هەبوو
لە مردن، ئیتر لەبەر لەخواترسییەکەی گوێی لێ
گیرا. [٨]هەرچەندە عیسا کوڕی خودا بوو، بەڵام بەو
ئازارانەی کە چێژتی فێری گوێڕایەڵی بوو و [٩]لە ڕێی
ئازارەکانیەوە بووە مرۆڤێکی پڕ و تەواو، بەم ڕێگایە
بووە سەرچاوەی ڕزگاریی هەتاهەتایی بۆ هەموو
ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن. [١٠]ئیتر لەلای خوداشەوە بە
سەرۆك کاهین ناونرا، لە پلەی مەلکیسادق.
[١١]لەم بارەیەوە قسەمان زۆرە بیکەین، بەڵام
ڕوونکردنەوەی زەحمەتە، چونکە گوێتان گران
بووە. [١٢]هەرچەندە دەبووایە ئێوە ئێستا مامۆستا
بوونایە، پێویستتان بە کەسێکە دیسان بنەما
سەرەکییەکانی وشەی خوداتان فێر بکات. واتان لێ
هاتووە پێویستتان بە شیر بێت نەك خۆراکی بەهێز.
[١٣]هەر یەکێك شیرەخۆرە بێت ئەوا لە فێرکردنی
ڕاستودروستی ڕانەهاتووە، چونکە ساوایە. [١٤]بەڵام
خۆراکی بەهێز بۆ ئەوانەیە کە پێگەیشتوون، ئەوانەی
کە بە بەردەوامی مەشقیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن
چاکە و خراپە جیا بکەنەوە.

## پاشگەزبوونەوە لە باوەڕ

٦ بۆیە کە وازمان لە فێرکردنی سەرەتایی
لەبارەی مەسیح هێنا، با بەرەو پێگەیشتن
بڕۆین، دیسان بناغەڕێژی ناکەین بۆ تۆبەکردن لەو
کارانەی کە دەبنە هۆی مردن و باوەڕهێنان بە خودا،
[٢]فێرکردن دەربارەی لەئاوهەڵکێشان و دەست لەسەر
دانان و هەستانەوەی مردووان و لێپرسینەوەی

[a] ١٦ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[b] ٥ زەبوورەکان ٧:٢

[c] ٦ بڕوانە عیبرانییەکان ١:٧-١٠.

[d] ٦ زەبوورەکان ٤:١١٠

هەتاهەتایی. ٣ئەگەر خودا ڕێگا بدات، ئەمەش
دەکەین.
٤ناکرێ ئەوانەی جارێك ڕووناك کراونەتەوە و
تامی بەهرەی ئاسمانییان کردووە و بەشدار بوونە
لە ڕۆحی پیرۆز، ٥هەروەها تامی باشی وشەی خودا
و هێزەکانی جیهانی داهاتوویان کردووە، ٦ئەگەر
هەڵگەڕانەوە[a]، بۆ تۆبەکردن نوێ بکرێنەوە، چونکە
بۆ خۆیان کوڕی خودا لە خاچ دەدەنەوە و ڕیسوای
دەکەن.
٧لەبەر ئەوەی زەوی لەو بارانەی خواردەوە کە
چەندین جار دێتە سەری، ڕووەکێك دەدات کە
گونجاوە بۆ ئەوانەی بۆیان کێڵدراوە، لە خوداشەوە
فەڕی دەبێت. ٨بەڵام ئەگەر دڕك و داڵی[b] بەرهەم
هێنا، ئەوا پووچ و نزیکە نەفرەتە، کۆتاییەکەی
سووتانە.
٩خۆشەویستان، هەرچەندە ئاوا قسە دەکەین،
دڵنیا بووین لەبارەی ئێوەوە ڕەوشێکی باشتر هەیە
کە تایبەتە بە ڕزگاری. ١٠خودا زۆردار نییە کاری ئێوە
لەبیر بکات، هەروەها ئەو خۆشەویستییەتان لەبیر
ناکات کە بۆ خودا لە خزمەتکردنی گەلی پیرۆزی
خۆی دەرتانبڕی و هەتا ئێستا بەردەوامن. ١١ئێمەش
خوازیارین هەر یەکێکتان هەمان دڵگەرمی دەربخات
بۆ دڵنیایی تەواوی هیوا تاکو کۆتایی، ١٢تاکو تەمبەڵ
نەبن، بەڵکو لاسایی ئەوانە بکەنەوە کە بە باوەڕ و
ئارامگرتن میراتگری بەڵێنەکانن.

## خودا بەڵێنی خۆی دەباتەسەر

١٣کاتێك خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا، سوێندی
بەخۆی خوارد، چونکە کەسی پایەبەرزتری نەبوو
سوێندی پێ بخوات، ١٤فەرمووی: ﴿بێگومان
بەرەکەتدارت دەکەم و نەوەکەت چەندبارە
دەکەم.﴾[c] ١٥بەم شێوەیە ئیبراهیم ئارامی گرت هەتا
بەڵێنەکەی بەدەستهێنا.

[a] ٦ یۆنانی: کەوتن.
[b] ٨ بڕوانە پەیدابوون ١٨:٣.
[c] ١٤ پەیدابوون ١٧:٢٢.

١٦خەڵك سوێند بە گەورەتر دەخۆن، کۆتایی
هەموو دەمەقاڵەیەك بۆ چەسپاندن سوێندە. ١٧خودا
سوێندی خوارد چونکە ویستی خواستی نەگۆڕی
خۆی بە میراتگری بەڵێن پیشان بدات. ١٨خودا
ئەمەی کرد تاکو لە ڕێگەی دوو شتی نەگۆڕەوە[d] کە
مەحاڵە خودا تێیاندا درۆ بکات، ئێمە کە پەنامان بۆ
ئەو بردووە، بە دڵنەوایی زۆرەوە دەستبگرین بەو
هیوایەی کە لەپێشمانی داناوە. ١٩ئەم هیوایەمان
هەیە کە وەك لەنگەرە بۆ دەروونمان، چەسپاو
و ڕاگرە. دەچێتە ناو شوێنی هەرەپیرۆز لە پشت
پەردەکە، ٢٠لەوێدا عیسا پێشتر و لەبری ئێمە چووە
ناوی، هەتاهەتایە بووە سەرۆك کاهین، لە پلەی
مەلکیسادق.

## مەلکیسادقی کاهین

٧ ئەم مەلکیسادقە پاشای شالیم بوو، هەروەها
کاهینی خودای هەرەبەرز بوو، کاتێك
ئیبراهیم لە بەزاندنی پاشاکان گەڕایەوە، تووشی
بوو و داوای بەرەکەتی بۆ کرد،[e] ٢ئەوەی ئیبراهیم
دەیەکی هەموو شتێکی بۆ جیا کردەوە. یەکەم جار
ناوی بە واتای «پاشای ڕاستودروستی» دێت، دواتر
«پاشای شالیم» واتە «پاشای ئاشتی». ٣بێ دایك و
باوك، بێ ڕەچەڵەکە، بێ سەرەتای ڕۆژان و کۆتایی
ژیان، بەڵکو وەك کوڕی خودا وایە، هەتاهەتایە وەك
کاهین دەمێنێتەوە.
٤سەیر بکەن ئەمە چەند گەورە بووە، تەنانەت
ئیبراهیمی بابەگەورە دەیەکی دەستکەوتی داوەتێ.
٥بەڵام ئەوانەی لە نەوەی لێڤین و کاهینێتییان
وەرگرتووە، ڕاسپاردەیان هەیە کە بەگوێرەی تەورات
دەیەك لە خەڵك وەربگرن، کە برایانن، هەرچەندە
لە پشتی ئیبراهیمن. ٦ئەوەی لە ڕەچەڵەکی ئەوانیش
نییە، دەیەکی لە ئیبراهیم وەرگرت و ئەوەی
بەڵێنەکانی هەیە بەرەکەتداری کرد. ٧بێگومان
بچووکترین لەلایەن گەورەترین بەرەکەتدار

[d] ١٨ بەڵێن و سوێند.
[e] ١ بڕوانە پەیدابوون ١٧:١٤-٢٠.

دەکرێت. [٨]لێرەش خەڵکی کە دەمرن دەیەك وەردەگرن، بەڵام لەوێ شایەتی بۆ دەدرێت کە زیندووە[a]. [٩]ئاوا قسەیەك دەکرێت: تەنانەت لێڤی[b] کە دەیەك وەردەگرێ، خۆی لە ڕێگەی ئیبراهیمەوە دەیەکی داوە، [١٠]چونکە کاتێك مەلکیسادق تووشی ئیبراهیم بوو، هێشتا لێڤی لە پشتی باوکیدا بوو.

## عیسا وەك مەلکیسادقە

[١١]ئێستا ئەگەر بە ڕێگەی کاهینێتی لێڤی تەواوەتی[c] بەدەستبهاتبایە، کە گەلیش لەسەر ئەمە تەوراتی وەرگرت، ئایا پێویستە کاهینێکی دیکە لە پلەی مەلکیسادق و نەك لە پلەی هارون دابنرێت؟ [١٢]چونکە ئەگەر کاهینێتی بگۆڕێت، ئەوا پێویستە شەریعەتیش بگۆڕێت. [١٣]ئەوەی ئەم باسەی لەسەر دەکرێ، سەر بە هۆزێکی جیاوازە، کەسیش لەم هۆزە خزمەتی قوربانگای[d] نەکردووە. [١٤]ئاشکرایە کە مەسیحی خاوەن شکۆمان سەر بە هۆزی یەهودایە، موساش لەبارەی کاهینێتی باسی ئەم هۆزەی نەکردووە. [١٥]زۆر ڕوونتریشە، ئەگەر لە شێوەی مەلکیسادق کاهینێکی دیکە دەربکەوێت، [١٦]کە ئەو بەپێی تەورات بە کاهین دانەنراوە کە لە ڕێگەی ڕەچەڵەکەوەیە، بەڵکو بەپێی هێزی ئەو ژیانەی کە لەناوناچێت، [١٧]چونکە شایەتی دەدات:

﴿هەتاهەتایە تۆ کاهینیت،
لە پلەی مەلکیسادق.﴾[e]

[١٨]ئیتر ڕاسپاردەی پێشوو لابردرا، لەبەر ئەوەی لاواز و بێ سوود بوو، [١٩]چونکە تەورات هیچ شتێکی تەواو نەکرد، بەڵکو هیوایەکی چاکتر هاتە کایەوە کە بەهۆیەوە لە خودا نزیك دەبینەوە.

[a] ٨ کتێبی پیرۆز باسی مردنی ئەو ناکات، کەواتە زیندووە.
[b] ٩ لێڤی کوڕی یاقوب بووە سەرهۆزی کاهینەکان لەناو گەلی جولەکە.
[c] ١١ تەواوی لە پیرۆزی و ڕاستودروستی خودا.
[d] ١٣ مەبەست تەنها لەو قوربانگایەیە کە لە چادری پەیمان لە سەردەمی موسا و دوایی لە پەرستگای ئۆرشەلیم بوو.
[e] ١٧ زەبوورەکان ٤:١١٠

[٢٠]ئەمەش بێ سوێند نەبوو. ئەوانەی دیکە بێ سوێند بوون بە کاهین، [٢١]بەڵام ئەمە بە سوێندەوە بوو، لەوەی پێی فەرموو:

﴿یەزدان سوێندی خواردووە و
بڕیاری ناگۆڕێت:
«هەتاهەتایە تۆ کاهینیت.»﴾[f]

[٢٢]بەگوێرەی ئەم سوێندەش عیسا بووە دەستەبەری پەیمانێکی باشتر.

[٢٣]کاهینەکان زۆربوون، چونکە مەرگ بووە کۆسپ لەوەی بەردەوام بن. [٢٤]بەڵام چونکە عیسا هەتاهەتایە دەمینێتەوە، کاهینێتییەکی نەگۆڕی هەیە. [٢٥]لەمەوەش دەتوانێ ئەوانە بە تەواوی ڕزگار بکات کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەچنە لای خودا، ئەو هەمیشە دەژییێت تاکو داکۆکییان لێ بکات.

[٢٦]لەڕاستیدا ئەو جۆرە سەرۆك کاهینە هەموو پێویستییەکانمان دابین دەکات، ئەو پیرۆز و بێ گلەیی و بێگەردە، لە گوناهباران جیا کرایەوە و لە ئاسمان بەرزتر کرا. [٢٧]ئەو پێویستی بەوە نییە وەك سەرۆك کاهینانی دیکە ڕۆژانە قوربانی بکات، یەکەم بۆ گوناهەکانی خۆی و دوایی بۆ گوناهەکانی گەلەکەی، چونکە یەك جار خۆی کرد بە قوربانی بۆ هەمووان. [٢٨]تەورات کەسانێك لە پێگەی سەرۆك کاهین دادەنێت کە لاوازییان هەیە، بەڵام وشەی سوێند کە دوای تەوراتە، کوڕەکە[g] دادەنێت کە هەتاهەتایە تەواوکراوە.

## سەرۆك کاهینی پەیمانی نوێ

٨ گرنگترین خاڵ لەوەی گوترا ئەمەیە: ئێمە سەرۆك کاهینێکی ئاوامان هەیە کە لە ئاسماندا لە دەستەڕاستی تەختی پایەبەرزی دانیشت، [٢]خزمەتکاری پیرۆزگا[h] و چادری پەرستنی

[f] ٢١ زەبوورەکان ٤:١١٠
[g] ٢٨ مەسیح
[h] ٢ شوێنە پیرۆزەکانی ئاسمان.

ڕاستەقینەیە، ئەوەی مەسیحی باڵادەست دایناوە نەك مرۆڤ.
[٣]لەبەر ئەوەی هەر سەرۆك کاهینێك بۆ پێشکەشکردنی بەخشین و قوربانی دانراوە، هەر بۆیە پێویست بوو ئەویش شتێکی هەبێت کە پێشکەشی بکات. [٤]ئەگەر لەسەر زەوی بووایە، نەدەبووە کاهین، چونکە کەسانێکی هەیە بەگوێرەی تەورات قوربانی بکات. [٥]ئەوانەی خزمەتی وێنە و سێبەری شتە ئاسمانییەکان دەکەن، کە موساش بەتەمابوو چادری پەرستن دروستبکات، ئاگادار کرایەوە: ﴿بڕوانە کە هەموو شتێك لەسەر ئەو نموونەیە دروستبکەی کە لەسەر کێوەکە پیشانت دراوە.﴾[a] [٦]بەڵام لەڕاستیدا ئەو خزمەتەی کە عیسا وەریگرت لە خزمەتی ئەوان زۆر نایابترە، بەو ئاستەی کە خۆی پەیوەندی ڕێکخەرە بۆ پەیمانێکی باشتر، چونکە پەیمانە نوێیەکەی لەسەر بەڵێنی باشتر بنیاد نراوە.
[٧]لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیمانی یەکەم بێ کەموکوڕی بووایە، ئیتر شوێن بۆ دووەم داوا نەدەکرا.
[٨]بەڵام خودا کەموکوڕی لە گەلەکەی دۆزییەوە، بۆیە پێیان دەفەرموێ:

﴿یەزدان دەفەرموێ: ئەوەتا سەردەمێك دێت،
پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل و
بنەماڵەی یەهودا دەبەستم.
[٩]نەك وەکو ئەو پەیمانەی لەگەڵ باوباپیرانیاندا
بەستم
ئەو ڕۆژەی دەستی ئەوانم گرت بۆ ئەوەی لە
خاکی میسر دەریانبهێنم،
چونکە لەسەر پەیمانەکەم نەڕۆیشتن،
ئیتر منیش پشتگوێم خستن،
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.
[١٠]یەزدان دەفەرموێت: ئەمە ئەو پەیمانەیە کە
لەدوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵ بنەماڵەی
ئیسرائیلدا دەیبەستم،
فێرکردنەکانم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و
لەسەر دڵیان دەینووسم،
من دەبم بە خودای ئەوان و
ئەوانیش دەبن بە گەلی من.
[١١]لەمەودوا کەس هاوڕێکەی خۆی یان
براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت، «یەزدان
بناسە،»
چونکە هەموویان دەمناسن،
لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان،
[١٢]چونکە لە تاوانەکانیان خۆشدەبم، چیتر
گوناهەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە.﴾[b]

[١٣]کاتێك باسی ئەم پەیمانە دەکات و دەفەرموێ: «نوێ»، پەیمانی یەکەم کۆن دەکات. شتێکیش کە کۆن بوو و پیر بوو، ئەوا لە فەوتان نزیکە.

## پاراستنی پەیمانی کۆن

٩ ئیتر پەیمانە یەکەمەکە ڕێوڕەسمی خزمەت و پیرۆزگای زەمینییە. [٢]چادری پەرستن هەڵدرا، لە ژووری یەکەم چرادان و مێز و نانی تەرخانکراوی تێدابوو کە پێی دەگوترا شوێنی پیرۆز.
[٣]پشتی پەردەی دووەم، ژوورێك هەبوو پێی دەگوترا شوێنی هەرەپیرۆز، [٤]بخووردانێکی زێڕین و سندوقی پەیمانی تێدا بوو کە لە هەموو لایەکانی بە زێڕ ڕووپۆش کرابوو. لەناو ئەمەش گۆزەیەکی زێڕین هەبوو مەنی[c] تێدابوو، لەگەڵ گۆچانەکەی هارون کە گەڵای سەوزی کردبوو، هەروەها دوو تەختە بەردەکەی پەیمان. [٥]لەسەریشی کەڕوبەکانی[d] شکۆ

[a] ٥ دەرچوون ٢٥:٤٠.

[b] ١٢ یەرمیا ٣١:٣١-٣٤

[c] ٤ گەلی خودا کاتێك لە بیابان بوون، خودا مەن و سوێسکەی بۆ ناردن هەتا بیخۆن، گۆزەیەك لەو مەنەیان هەڵگرتبوو بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژانە. بڕوانە دەرچوون ١٦.

[d] ٥ جووتێك پەیکەری بوونەوەرێکی ئاسمانی باڵدارە لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن لە سندوقی پەیمان دانرابوو، بڕوانە دەرچوون ٢٥:١٨.

سێبەریان کردبووە سەر قەپاغی کەفارەت[a]. لێرەدا بە وردی ناتوانین باسی ئەمانە بکەین.
[٦]کاتێك شتەکان ئاوا ڕێکخرابوون، کاهینان هەموو کاتێك دەچنە ژووری یەکەم بۆ جێبەجێکردنی خزمەت. [٧]بەڵام بۆ ژووری دووەم تەنها سەرۆك کاهین ساڵی جارێك دەچێت، ئەویش بێ خوێن نابێت، خوێنەکە پێشکەش دەکات لە پێناوی خۆی و گوناهەکانی گەل کە بە نەزانی کردوویانە. [٨]بەمەش ڕۆحی پیرۆز ئاماژە دەکات کە هەتا چادری پەرستن لەسەر زەوی بێت، ڕێگای شوێنی هەرەپیرۆز لە ئاسمان ئاشکرا ناکرێت. [٩]ئەمەش هێمایە بۆ ئەم سەردەمە، کە تێیدا دیاری و قوربانی پێشکەش دەکرێت، ناتوانێت ئاسوودەیی بە ویژدانی ئەوانە ببەخشێت کە خودا دەپەرستن. [١٠]ئەمانە تەنها ڕێوڕەسمی ڕواڵەتیانەن کە چڕدەبێتەوە لەسەر خواردن و خواردنەوە و شێوازەکانی شوشتن، هەتا کاتی دارِشتنەوەی نوێ.

## خوێنی مەسیح

[١١]بەڵام کاتێك مەسیح هات وەك سەرۆك کاهین بۆ شتە باشەکانی داهاتوو، چووە ناو ئەو چادرەی کە گەورەتر و تەواوترە و هەروەها دەستکرد نییە، واتە هی بەدیهێنراو نییە. [١٢]بە خوێنی بزن و گوێرەکە نەچوو، بەڵکو بە خوێنی خۆی یەك جار چووە ناو شوێنی هەرەپیرۆز و کڕینەوەی هەتاهەتایی دەستکەوت، [١٣]چونکە ئەگەر خوێنی بزن و گا و خۆڵەمێشی گوێرەکە کە بەسەر گڵاوەکاندا دەپرژێنرێت،[b] پیرۆز بکات بۆ پاککردنەوەی جەستە، [١٤]ئیتر خوێنی مەسیح چەند زیاترە، ئەوەی بە ڕۆحی پیرۆزی هەتاهەتایی بێ کەموکوڕی خۆی پێشکەشی خودا کرد، ئەوەی ویژدانمان لەو کارانە پاك دەکاتەوە کە دەبنە هۆی مردن، تاکو خزمەتی خودای زیندوو بکەین.
[١٥]لەبەر ئەمە مەسیح ڕێکخەری پەیمانی نوێیە، تاکو بانگکراوان بەڵێنی میراتی هەتاهەتایی وەربگرن، چونکە مردنەکە بەهای خوێنە بۆ ئازادکردن لەو گوناهانەی کە لە پەیمانی یەکەمدا کردوویانە.
[١٦]ئەگەر وەسیەتنامە[c] هەبێ، پێویستە مردنی وەسیەتکار بسەلمێنرێ، [١٧]چونکە وەسیەتنامە کاتێك کاری پێ دەکرێ کە خاوەنەکەی مردبێت، بەڵام ئەگەر زیندوو بێت هیچ کاری پێ ناکرێت. [١٨]بۆیە پەیمانەکەی یەکەمیش بێ خوێن بەجێنەگەیەنرا، [١٩]چونکە موسا، دوای ئەوەی هەموو ڕاسپاردەکانی بەگوێرەی تەورات بە هەموو گەل ڕاگەیاند، خوێنی گوێرەکەی هێنا لەگەڵ ئاو و خوری سوور و زوفا، بەسەر تەورات و هەموو گەلدا پرژاندی. [٢٠]فەرمووی: ﴿ئەمە خوێنی ئەو پەیمانەیە کە خودا فەرمانی پێ کردن.﴾[d] [٢١]هەروەها خوێنەکەی پرژاندە سەر چادری پەرستن و هەموو کەلوپەلەکانی خزمەتکردن. [٢٢]بەگوێرەی تەورات نزیکەی هەموو شتێك بە خوێن پاك دەبێتەوە، لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێنڕشتن نابێت.

## مەسیح گەورەترین قوربانییە

[٢٣]پاککردنەوەی وێنەی شتە ئاسمانییەکان دەبووایە ئاوا بکرێت، بەڵام خودی شتە ئاسمانییەکان بە قوربانی باشتر لەمانە پاك دەبنەوە، [٢٤]چونکە مەسیح نەچووە پیرۆزگای دەستکرد کە لەبەرگیراوەی شتە ڕاستەقینەکەیە، بەڵکو خودی ئاسمان، ئێستاش لەوێ لەبەردەم خودا بۆ ئێمە دەردەکەوێت. [٢٥]نەك تاکو چەند جارێك خۆی پێشکەش بکات، وەك سەرۆك کاهین ساڵی جارێك بە خوێنێك کە خوێنی خۆی نییە دەچێتە شوێنی هەرەپیرۆز. [٢٦]ئەگینا دەبووایە مەسیح لە دامەزراندنی جیهانەوە چەندین

[a] ٥ بە واتای شوێنی لێخۆشبوونی گوناه. قەپاغێکە بۆ داپۆشینی سندوقی پەیمان، لە ڕۆژی کەفارەت خوێنی قوربانی لەسەر ڕژاوە بۆ لێخۆشبوونی گوناه. بڕوانە دەرچوون ١٧:٢٥.
[b] ١٣ بڕوانە دەرچوون ٦:٢٤.
[c] ١٦ یۆنانی: هەمان وشەی پەیمان.
[d] ٢٠ دەرچوون ٨:٢٤

جار ئازاری بچێژتبووایە. بەڵام ئێستا لە کۆتایی زەمان
تەنها جارێك دەرکەوت تاکو گوناە بسڕێتەوە، بەوەی
خۆی کردە قوربانی. ٢٧وەك بۆ مرۆڤ دانراوە جارێك
بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە، ٢٨مەسیحیش، جارێك
خۆی کرد بەقوربانی تاکو گوناهی خەڵکێکی زۆر
لاببات. بەڵام هاتنەوەی عیسا بۆ جاری دووەم بۆ
لابردنی گوناە نییە، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەیە کە
بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکەن.

## قوربانی مەسیح جارێك و بۆ هەمووان

١٠ تەورات تەنها سێبەری شتە باشەکانی
داهاتووە، نەك وێنەی تەواوی ڕاستییەکان.
لەبەر ئەوە بەردەوام بە هەمان قوربانییەکانی ساڵ
لەدوای ساڵ پێشکەش دەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێ
ئەوانە تەواو بکات کە بۆ پەرستن نزیك دەبنەوە.
٢ئەگینا، ئایا لە پێشکەشکردن نەدەوەستان؟ لەبەر
ئەوەی ئەگەر خواپەرستان تەنها جارێك پاك
بوونەتەوە، بۆیە چیتر لە ویژدانیاندا هەست بە گوناە
ناکەن. ٣بەڵام لەو قوربانییانەدا ساڵانە یادەوەری
گوناە دەکرێتەوە. ٤چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن
گوناە لاببات.
٥لەبەر ئەوە کاتێك مەسیح هاتە ناو جیهان
فەرمووی:

﴿بە قوربانی و پێشکەشکراو ڕازی نەبوویت،
بەڵکو جەستەیەکت بۆ دابین کردم.
٦بە قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناە دڵخۆش
نەبووی.
٧ئینجا گوتم: «ئەوەتا هاتم، هەروەك لە
تۆمارەکەدا لەسەرم نووسراوە،
تاکو بەخواستی تۆ کار بکەم، ئەی خودا.»﴾[a]

٨لە سەرەوە فەرمووی: ﴿تۆ قوربانی و پێشکەشکراو
و قوربانی سووتاندن و قوربانی گوناهت نەویست
و پێی دڵخۆش نەبووی،﴾ ئەوەی بەگوێرەی تەورات
دەکرێت، ٩ئینجا مەسیح فەرمووی: ﴿ئەوەتا هاتم

[a] ٧ زەبوورەکان ٤٠:٦-٨.

تاکو بە خواستی تۆ کار بکەم.﴾ یەکەم لادەبات، تاکو
دووەم دابنێ[b]. ١٠بەم خواستەی خودا بە یەك جار
بەهۆی پێشکەشکردنی جەستەی عیسای مەسیحەوە
پیرۆز بووین.
١١هەر کاهینێك هەموو ڕۆژێك ڕادەوەستێت و
خزمەت دەکات بەردەوام هەمان قوربانی دەکاتەوە،
کە هەرگیز ناتوانێت گوناە لاببات. ١٢بەڵام کاتێك
مەسیحی کاهین لە جیاتی گوناە یەك قوربانی
بۆ هەموو کاتێك پێشکەش کرد، لە دەستەڕاستی
خوداوە دانیشت، ١٣لەو کاتەوە چاوەڕوانە، تاکو خودا
هەموو دوژمنانی بکاتە تەختەپێی، ١٤چونکە ئەو بە
یەك قوربانی بۆ هەمیشە ئەوانەی تەواو کرد کە ئەو
پیرۆزیان دەکات.
١٥ڕۆحی پیرۆزیش شایەتیمان بۆ دەدات، چونکە
دوای ئەوەی فەرمووی:

١٦﴿یەزدان دەفەرموێ، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە
لەدوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵیان دەیبەستم،
«فێرکردنەکانم[c] دەخەمە ناو دڵیان و
لەناو مێشکیان دەینووسم.»﴾[d]

١٧پاشان دەفەرموێت:

﴿لەمەودوا گوناە و تاوانەکانیان بەبیری خۆم
ناهێنمەوە.﴾[e]

١٨لەکوێ لێخۆشبوونی ئەم گوناهانە هەبێت، ئیتر
پێویست ناکات قوربانی بۆ گوناە بکرێت.
١٩بۆیە ئەی خوشك و برایانی باوەڕدار، لەبەر
ئەوەی متمانەمان هەیە بۆ چوونە ناو شوێنی
هەرەپیرۆز بەهۆی خوێنی عیساوە، ٢٠بەو ڕێگا
زیندوو و تازەیەی کە بەهۆی بەخشینی جەستەی
خۆی بەناو پەردەدا بۆی کردینەوە، ٢١لەبەر ئەوەی

[b] ٩ مەبەست لە پەیمانەکانی یەکەم و دووەمە، بڕوانە ١:٩.
[c] ١٦ تەورات.
[d] ١٦ یەرمیا ٣١:٣٣.
[e] ١٧ یەرمیا ٣١:٣٤.

کاهینێکی بەرزمان هەیە سەرپەرشتی ماڵی خودا[a] دەکات، [٢٢]هەروەها لەبەر ئەوەی خوێنی مەسیح بەسەر دڵماندا پرژێنرا[b] تاکو لە ویژدانی خراپ پاکمان بکاتەوە، جەستەشمان بە ئاوێکی پاك شوشتراوە، با بە دڵێکی ڕاست و بە متمانەی تەواوی باوەڕ بچینە بەردەم خودا. [٢٣]با بێ ڕاڕایی دەستبگرین بە دانپێدانانی هیوامان، چونکە ئەوەی بەڵێنی پێمان داوە جێی متمانەیە. [٢٤]هەروەها با ئاگاداری یەکتری بین بۆ هاندان لەسەر خۆشەویستی و کاری چاك. [٢٥]با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەك هەندێك لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیك دەبێتەوە.

[٢٦]ئەگەر لەدوای ئەوەی کە ڕاستیمان ناسی، بەردەوام بین لەوەی بە ئەنقەست گوناه بکەین، ئەوا هیچ قوربانییەك نییە بۆ ئەوەی گوناهەکانمان پاك بکاتەوە، [٢٧]بەڵکو تەنها چاوەڕێکردنی حوکمدانی ترسناك و ئاگری بڵێسەدار کە خەریکە دوژمنەکانی خودا دەخوات. [٢٨]ئەوەی سەرپێچی تەوراتی موسای دەکرد، بێ بەزەییانە بە شایەتی دوو یان سێ شایەت حوکمی مردنی بەسەردا دەدرێت. [٢٩]بە ڕای ئێوە شایانی سزای چەند خراپترە ئەوەی سووکایەتی کوڕی خودای کردووە و خوێنی پەیمان بە پیس دادەنێت کە پیرۆزی کردووە، سووکایەتیش بە ڕۆحی پیرۆز دەکات کە نیعمەتی لێ وەرگرتووە؟ [٣٠]لەبەر ئەوەی ئەو خودایە دەناسین کە ئەمەی فەرمووە: ﴿تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم.﴾[c] هەروەها: ﴿یەزدان حوکم بەسەر گەلی خۆیدا دەدات.﴾[d] [٣١]کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە.

[a] ٢١ ماڵی خودا: مەبەست لەو پیرۆزگایەیە کە لە ئاسماندا هەیە. بڕوانە زەبوورەکان ٦:٢٠.

[b] ٢٢ مەبەست لە خوێنی مەسیحە بۆ لێخۆشبوونی گوناه، بڕوانە دەرچوون ٨:٢٤.

[c] ٣٠ دواوتار ٣٥:٣٢.

[d] ٣٠ دواوتار ٣٦:٣٢، زەبوورەکان ١٤:١٣٥

[٣٢]ڕۆژانی ڕابردووتان بە یاد بێتەوە کە ڕووناك کرانەوە و بەرگەی ململانێیەکی سەختی پڕ لە ئازارتان گرت. [٣٣]هەندێك جار تووشی جنێو و چەوسانەوەی ئاشکرا هاتوون، هەندێك جار بەشداری ناخۆشی ئەوانەتان کردووە کە بە هەمان شێوەی ئێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. [٣٤]هاوسۆزی بەندکراوانتان کرد، کاتێك سامانتان تاڵان کرا بە خۆشییەوە قبوڵتان کرد، چونکە دەزانن لە ئاسماندا سامانی باشترتان هەیە و دەمێنێتەوە. [٣٥]کەواتە متمانەتان فڕێمەدەن کە پاداشتی گەورەی هەیە، [٣٦]چونکە پێویستیتان بە دانبەخۆداگرتن هەیە، تاکو لەدوای ئەوەی بە خواستی خوداتان کرد، بەڵێنەکە بەدەستبهێنن، [٣٧]چونکە دوای ماوەیەکی زۆر کورت،

﴿ئەوەی دێت، دێت و دواناکەوێت.
[٣٨] ئەوەی ڕاستودروستە و هی خۆمە بە باوەڕ
دەژییێت،
هەروەها ئەگەر هەڵگەڕایەوە،
ئەوە جێی ڕەزامەندی من نابێت.﴾[e]

[٣٩]جا ئێمە سەر بەوانە نین کە هەڵدەگەڕانەوە و لەناودەچن، بەڵکو سەر بە ئەوانەین کە باوەڕیان هەیە و ڕزگار دەکرێن.

## باوەڕی باپیرانمان

١١ باوەڕ دڵنیاییە بەوەی هیوامان پێیەتی، بێگومانییە لەوەی نایبینین، [٢]چونکە بەم باوەڕە پێشینان پەسەند کراون. [٣]بە باوەڕ تێدەگەین کە گەردوون بە فەرمایشتی خودا بەدیهێنراوە، تەنانەت ئەوەی دەیبینین لەو شتانەی کە بینراوە نەهاتووەتە کایەوە.

[٤]بە باوەڕ هابیل قوربانییەکی باشتری لەوەی قایین پێشکەشی خودا کرد[f]. بە باوەڕ شایەتی بۆ درا کە ڕاستودروستە کاتێك خودا شایەتی بۆ قوربانییەکەی

[e] ٣٨ حەبەقوق ٢:٣، ٤

[f] ٤ بڕوانە پەیدابوون ٤:٤.

دا. هەرچەندە هابیل مرد بەڵام هێشتا بە باوەڕ قسە
دەکات.
٥بە باوەڕ حەنۆخ بەرزکرایەوە لای خودا تاکو
مردن نەبینێ، ئیتر لەسەر زەوی نەما، چونکە
خودا بردی بۆ لای خۆی[a]. پێش بردنیشی شایەتی
وەرگرت کە خودای ڕازی کردووە. ٦بەبێ باوەڕ
مەحاڵە ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنرێت، چونکە
ئەوەی لەو نزیك بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی
ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە بە
پەرۆشەوە ڕوویان لەو دەکەن.
٧بە باوەڕ نوح، کاتێك لەلایەن خوداوە سەبارەت
بەوەی کە هێشتا نەبینرابوو ئاگادار کرایەوە،
ئاگادارکردنەوەکەی خستە دڵییەوە و کەشتییەکی
بنیاد نا بۆ ڕزگارکردنی ماڵەکەی.[b] بەم شێوەیە،
بە باوەڕ جیهانی حوکم دا و بوو بە میراتگری ئەو
ڕاستودروستییەی کە بەگوێرەی باوەڕ بوو.
٨بە باوەڕ کاتێك ئیبراهیم[c] بانگکرا بچێتە ئەو
شوێنەی خەریك بوو بە میرات وەریبگرێت،
گوێڕایەڵ بوو و ڕۆیشت، هەرچەندە نەیدەزانی
بۆ کوێ دەچێت. ٩بە باوەڕ وەك بێگانە لە خاکی
بەڵێنپێدراودا نامۆ بوو، لە چادردا ژیا، وەك ئیسحاق
و یاقوب کە ئەوانیش میراتگری هەمان بەڵێن بوون،
١٠چونکە ئیبراهیم چاوەڕێی ئەو شارەی دەکرد کە
بناغەیەکی چەسپاوی هەیە، ئەوەی خودا ئەندازیار
و دروستکەرەکەیەتی.
١١بە باوەڕی ئیبراهیم، خودی سارا هەرچەندە
نەزۆك بوو، توانای سکوزانی پێدرا، هەرچەندە
تەمەنی ئاسایی بەسەرچوو بوو، چونکە دڵنیابوو
ئەوەی بەڵێنی داوە دڵسۆزە. ١٢بۆیە لە پیاوێك کە
هەر وەك مردوو وابوو، نەوەیەك دروست بوو کە
وەك ئەستێرەی ئاسمان و لمی سەر کەناری دەریا لە
ژمارە نەدەهات[d].

[a] ٥ بڕوانە پەیدابوون ٥:٢١-٢٤.
[b] ٧ بڕوانە پەیدابوون ٦:١٣-٢٢.
[c] ٨ بڕوانە پەیدابوون ١٢–٢٢.
[d] ١٢ بڕوانە پەیدابوون ٢٢:١٧

١٣هەموو ئەوانە لە باوەڕدا مردن و بەڵێنەکانیان
وەرنەگرت، بەڵکو لە دوورەوە بینییان و پێشوازییان
لێکرد، دانیان پێدا نا کە ئەوان لەسەر زەویدا نامۆ و
بێگانەن. ١٤ئەوانەی ئەو شتانە دەڵێن، دەریدەخەن
کە داوای نیشتیمان دەکەن. ١٥ئەگەر ئەوان بیریان
لەو نیشتیمانە بکردایەوە کە بەجێیان هێشتبوو،
ئەوا هەلی گەڕانەوەیان بۆی دەبوو. ١٦بەڵام
ئێستا ئارەزووی نیشتیمانێکی باشتر دەکەن، کە
ئاسمانییەکەیە. بۆیە خودا شەرمی پێیان نییە بە
خودای ئەوان ناوببردرێت، چونکە شارێکی بۆ
ئامادەکردن.
١٧بە باوەڕ ئیبراهیم ئیسحاقی کوڕی وەك قوربانی
پێشکەش کرد، کاتێك خودا ئیبراهیمی تاقی کردەوە.
ئەوەی بە بەڵێن لە خودا وەریگرت ئامادە بوو
کوڕە تاقانەکەی بکاتە قوربانی، ١٨هەرچەندە خودا
سەبارەت بەو فەرمووبووی: ﴿لە ڕێگەی ئیسحاقەوە
نەوەی تۆ ناودەبردرێت.﴾[e] ١٩ئیبراهیم دڵنیابوو
لەوەی کە خودا دەتوانێت ئیسحاق لەدوای مردنی
زیندوو بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، خودا ئەوی بە
شێوەیەکی نموونەیی لەنێو مردووان هەستاندەوە.
٢٠بە باوەڕ ئیسحاق[f] داوای بەرەکەتی خودای بۆ
داهاتووی یاقوب و عیسۆ کرد.
٢١بە باوەڕ یاقوب لە سەرەمەرگیدا داوای
بەرەکەتی بۆ هەریەکە لە کوڕەکانی یوسف کرد و
خۆی بەسەر دەسکی گۆچانەکەیدا دا و ستایشی
خودای کرد[g].
٢٢بە باوەڕ یوسف لە سەرەمەرگیدا باسی
چوونەدەرەوەی نەوەی ئیسرائیلی لە میسر کرد
و لەبارەی گواستنەوەی ڕوفاتەکەی وەسیەتی بۆ
کردن[h].

[e] ١٨ پەیدابوون ٢١:١٢
[f] ٢٠ بڕوانە پەیدابوون ٢٧:٢٧-٣٩.
[g] ٢١ بڕوانە پەیدابوون ٤٨
[h] ٢٢ یوسف وەسیەتی کرد لەدوای مردنی تەرمەکەی بهێننەوە خاکی بەڵێن، بڕوانە پەیدابوون ٥٠:٢٤،٢٥.

٢٣به باوەڕ کاتێك موسا[a] لەدایك بوو، سێ مانگ دایك و باوکی شاردییانەوە، چونکە بینییان منداڵەکە جوانە، لە فەرمانی پاشا نەترسان.

٢٤به باوەڕ کاتێك موسا گەورە بوو، نەیویست بە کچەزای فیرعەون بناسرێت. ٢٥بەلایەوە باشتر بوو لەگەڵ گەلی خودا سووکایەتیی پێ بکرێت، لەوەی لەزەتێکی کاتیی لە گوناهدا هەبێت. ٢٦موسا ئەو ئەو ڕیسواییەی لە پێناوی مەسیحدا چێژتی بە سامانێکی گەورەتری دانا لە گەنجینەی میسر، چونکە چاوی لەوە بوو کە خودا پاداشتی بداتەوە. ٢٧بە باوەڕ میسری بەجێهێشت و لە تووڕەیی پاشا نەترسا. دانی بەخۆیدا گرت وەك ئەوە ببینێ کە نەبینراوە. ٢٨بە باوەڕ پەسخەی کرد و خوێنەکەی پرژاند، نەوەك لەناوبەری نۆبەرە[b] دەستیان لێ بدات.

٢٩بە باوەڕ بە دەریای سووردا پەڕینەوە وەك بە وشکانیدا بڕۆن، بەڵام کاتێك میسرییەکان ویستیان بپەڕنەوە نوقوم بوون.

٣٠بە باوەڕ شووراکانی ئەریحا ڕووخان[c]، دوای ئەوەی حەوت ڕۆژ بە دەوریدا سووڕانەوە.

٣١بە باوەڕ ڕاحابی لەشفرۆش لەگەڵ یاخیبووان لەناونەچوو، چونکە پێشوازییەکی ئاشتییانەی لە سیخوڕەکان کرد.

٣٢چی دیکەش بڵێم؟ کاتم نییە باسی گدعۆن و باراك و شەمشون و یەفتاح و داود و ساموئێل و پێغەمبەران بکەم، ٣٣کە بە باوەڕ پاشایەتییەکانیان بەزاند، دادپەروەرییان هێنایە کایەوە، بەڵێنەکەیان بۆ هاتە دی، دەمی شێریان داخست، ٣٤هێزی ئاگریان کوژاندەوە، لە تیخی شمشێر ڕایانکرد، لە لاوازیدا بەهێزبوون، لە شەڕدا توند بوون، لەشکری بێگانەیان گەڕاندەوە. ٣٥هەندێك ژن مردووەکانیان بە هەستانەوە وەرگرتەوە. بەڵام خەڵکی دیکە ئەشکەنجە دران و ڕزگارییان نەویست، تاکو هەستانەوەیەکی باشتریان دەستبکەوێت.

٣٦هەندێکی دیکە ڕووبەڕووی سووکایەتی و قامچی و کۆت و زیندان بوونەوە. ٣٧بەردباران کران، بە مشار لەت لەت کران، بە شمشێر کوژران. هەندێکیش بە پێستی مەڕ و بزن خۆیان داپۆشی، تووشی نەبوونی و چەوسانەوە و زەلیلی بوون. ٣٨جیهان شایانی ئەمان نەبوو. دەربەدەری بیابان و شاخ و ئەشکەوت و کون و کەلەبەری زەوی بوون.

٣٩هەموو ئەمانەش بەهۆی باوەڕیانەوە شایەتییان بۆ درا، بەڵام بەڵێنی خودایان دەست نەکەوت، ٤٠چونکە خودا پێشتر شتێکی باشتری بۆمان بینی، تاکو بێ ئێمە تەواو نەبن.

## تەمبێکردن لە خودای باوکەوە

١٢ لەبەر ئەوە، چونکە ئێمە بە هەورێکی شایەتیدەری ئاوا گەورە دەورە دراوین، با هەموو بارگرانییەك و ئەو گوناهانەی کە بە ئاسانی لێمان دەئاڵێت لە خۆمانی دوور بخەینەوە و بە دانبەخۆداگرتنەوە لەو پێشبڕکێیە ڕابکەین کە لەپێشمانە دانراوە. ٢با سەرنجمان بخەینە سەر عیسا، پێشڕەو و تەواوکاری باوەڕمان، ئەوەی لە پێناوی ئەو خۆشییەی لەپێشی دانرابوو، بەرگەی خاچی گرت و شەرمەزاری بە سووك وەرگرت، جا لە دەستەڕاستی تەختی خودا دانیشت. ٣با بیر بکەنەوە لەوەی کە دانی بەخۆیدا گرت بەرامبەر ئەو دژایەتییەی کە گوناهباران لەگەڵیان کرد، تاکو شەکەت نەبن و ورە بەرنەدەن.

٤لە خەباتی ئێوە لە دژی گوناه هەتا ئاستی خوێن ڕشتن بەرگریتان نەکردووە. ٥ئایا ئێوە بە تەواوی ئەو پەیامەی هاندانتان لەبیر چووەوە کە وەك ڕۆڵە لەگەڵتان دەدوێت؟ پەیامەکە دەڵێت:

«ڕۆڵەکەم، بە سووکی تەماشای تەمبێکردنی یەزدان مەکە،
هەروەها کاتێك سەرزەنشتت دەکات ورە بەرمەدە،
٦چونکە ئەوەی یەزدان خۆشیبووێ تەمبێی دەکات،

[a] ٢٣ بڕوانە دەرچوون ٢–١٤.
[b] ٢٨ بڕوانە دەرچوون ١٢:١٢، ١٣.
[c] ٣٠ بڕوانە یەشوع بەشی ٦.

هەروەها هەر یەكێك وەك ڕۆڵەی خۆی
وەریگرێت، بە گۆچان لێی دەدات.﴾[a]

٧کەواتە بەرگەی تەمبێکردن بگرن، خوداش وەك
ڕۆڵەی خۆی لەگەڵتان دەجوڵێتەوە. چ ڕۆڵەیەك
هەیە باوكی تەمبێی نەكات؟ ٨ئەگەر بێتو خودا
تەمبێتان نەكات وەك هەموو منداڵەكانی دیكەی،
ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێوە زۆڵن و منداڵی ئەو نین.
٩سەرەڕای ئەمە، باوكی مرۆڤانەمان هەیە كە تەمبێی
كردووین و ڕێزی ئەومان گرتووە. ئەی چەند زیاتر
ملكەچی باوكی ڕۆحیمان بین، بۆ ئەوەی ژیانی
هەتاهەتایی بەدەستبهێنین؟ ١٠چونكە باوكانمان
بۆ ماوەیەك ئەوەندەی بە باشیان زانیوە تەمبێیان
كردووین، بەڵام خودا بۆ سوودی ئێمەیە تەمبێمان
دەكات، تاكو بەشداری پیرۆزییەكەی بكەین.
١١هەموو تەمبێكردنێك لە كاتی خۆیدا ئازاربەخشە
و خۆش نییە، بەڵام دواتر بەروبوومی ئاشتییانەی
ڕاستودروستی دەگرێت بۆ ئەوانەی پێی ڕاهێنراون.
١٢کەواتە دەستە لاوازبووەكان و ئەژنۆ لەرزۆكەكان
بەهێز بكەن، ١٣﴿ڕێڕەوی بەرپێت خۆش بكە،﴾[b]
تاكو شەل پێی لەجێ نەچێت، بەڵكو چاك بێتەوە.

## ئاگاداری لە ڕەتكردنەوەی خودا

١٤كۆشش بكەن تاوەكو لەگەڵ هەموو كەسێك بە
ئاشتی بژین، هەروەها پیرۆز بن. بێ پیرۆزی كەس
مەسیحی خاوەن شكۆ نابینێت. ١٥ئاگاداری ئەوە
بن، كەس خۆی لە نیعمەتی خودا بێبەش نەكات،
نەوەك ڕەگی تاڵی لەناوتاندا گەشە بكات و پەشێوی
دروستبكات، بەهۆی ئەمەشەوە زۆر كەس گڵاو بێت.
١٦ئاگاداربن نەوەك یەكێك داوێنپیس بێت یان وەك
عیسۆ بەڕەڵا بێت، ئەوەی مافی نۆبەرایەتی خۆی
بە ژەمێك خواردن فرۆشت[c]. ١٧دواتر وەك ئاگادارن،
ویستی ئەم بەرەكەتە بە میرات وەربگرێت، بەڵام
ڕەتكرایەوە. هەرچەندە بە فرمێسكەوەش داوای
بەرەكەتەكەی كرد، بەڵام دەرفەتی تۆبەكردنی بۆ
نەمابووەوە.
١٨ئێوە نەهاتوونەتە لای شاخێك[d] دەستی لێ
بدرێت، لای ئاگرێكی بەتین، لای تاریكی، لای تەم،
لای گەردەلوول، ١٩لای دەنگی كەڕەنا، لای دەنگی
قسەكردنێك وا لە گوێگران بكات بپاڕێنەوە ئیتر ئەم
قسانەیان بۆ نەكرێت، ٢٠لەبەر ئەوەی نەیانتوانی
بەرگەی فەرمانەكانی خودا بگرن: ﴿تەنانەت ئەگەر
ئاژەڵیش دەستی بەر ئەو كێوە بكەوێ، دەبێ
بەردباران بكرێت.﴾[e] ٢١دیمەنەكە ئەوەندە ترسناك
بوو، موسا گوتی: ﴿من لە ترسان دەلەرزم.﴾[f]
٢٢بەڵكو ئێوە هاتوونەتە كێوی سییۆن، بۆ شاری
خودای زیندوو، ئۆرشەلیمی ئاسمانی، بۆ ئاهەنگێك
كە فریشتەیەكی بێشوماری كۆكردووەتەوە، ٢٣بۆ
كڵێسای نۆبەرە تۆماركراوەكان لە ئاسماندا، بۆ
لای خودا كە دادوەری هەمووانە، بۆ لای ڕۆحی
ڕاستودروستان كە تەواوكراون، ٢٤بۆ لای عیسا،
ڕێكخەری پەیمانی نوێیە، بۆ خوێنێكی پرژێنراو كە
لە خوێنی هابیل باشتر دەدوێت.
٢٥ئاگاداربن قسەكەرەكە ڕەت مەكەنەوە، چونكە
ئەگەر ئەوانەی قسەكەری سەر زەوییان ڕەتكردەوە
دەرباز نەبوون، ئایا چەند كەمتر ئێمە دەرباز دەبین
كە لە قسەكەری ئاسمان هەڵگەڕاینەوە؟ ٢٦ئەوسا
دەنگی خودا زەوی هەژاند، بەڵام ئێستا بەڵێنی
داوە و دەفەرموێ: ﴿جارێكی دیكە نەك تەنها
زەوی دەهەژێنم، بەڵكو ئاسمانیش.﴾[g] ٢٧وشەی
«جارێكی دیكە» ئاماژەیە بۆ سڕینەوەی ئەو شتانەی
كە دەهەژێن، واتە شتە دروستكراوەكان، تاكو ئەو
شتانەی كە ناهەژێن بمێننەوە.
٢٨لەبەر ئەوە، با سوپاسگوزار بین چونكە
شانشینێك وەردەگرین كە ناهەژێت، بەهۆیەوە بە

[a] ٦ پەندەكان ٣:١١،١٢.
[b] ١٣ پەندەكان ٤:٢٦
[c] ١٦ بڕوانە پەیدابوون ٢٥:٣٢-٣٣.

[d] ١٨ مەبەستی شاخی سینایە لە كاتی پێدانی تەورات بە موسا، بڕوانە دەرچوون ١٩ و ٢٠.
[e] ٢٠ دەرچوون ١٩:١٢،١٣.
[f] ٢١ دواوتار ٩:١٩
[g] ٢٦ حەگەی ٢:٦

شێوازێکی پەسەند بە ترس و ڕێزەوە خودا بپەرستین،
٢٩چونکە ﴿خودامان ئاگرێکی بێ ئامانە.﴾[a]

### وتەی هاندان

١٣ با خۆشەویستی برایانە بچەسپێت.
٢میوانداری نامۆکان لەیاد مەکەن،
چونکە بەمە کەسانێك بێ ئەوەی بزانن میوانداری
فریشتەکانیان کردووە. ٣یادی بەندکراوان بکەنەوە
هەروەك ئەوەی لەگەڵیان بەند کرابن، زۆرلێکراوانیش
وەك خۆتان لەگەڵ ئەودا زۆرلێکراو بن.
٤با لەلای هەمووان هاوسەرایەتی ڕێزی هەبێت،
نوێنی هاوسەرایەتیش پاك بێت، چونکە خودا
بەڕەڵا و داوێنپیس تاوانبار دەکات. ٥با ژیانتان بێ
خۆشەویستی پارە بێت، ڕازی بن بەوەی هەتانە،
چونکە خودا فەرموویەتی:

﴿هەرگیز پشتگوێت ناخەم،
هەرگیز وازت لێ ناهێنم.﴾[b]

٦کەواتە بە متمانەوە دەڵێین:

﴿یەزدان یارمەتیدەری منە، ناترسم.
مرۆڤ چیم لێ دەکات؟﴾[c]

٧ڕابەرەکانتان لەیاد بێت، ئەوانەی باسی وشەی
خوداتان بۆ دەکەن، تەماشای سەربوردەیان بکەن
و لاسایی باوەڕیان بکەنەوە. ٨عیسای مەسیح وەك
خۆیەتی، دوێنێ و ئەمڕۆ و هەتاهەتایە.
٩مەهێڵن فێرکردنی جۆراوجۆر و نامۆ بەڕێوەتان
ببات[d]، چونکە باشە دڵ بە نیعمەت بەهێز بکرێت،
نەك بە یاساکانی خۆراك کە سوودی نەبوو بۆ
ئەوانەی پێی دەژین. ١٠ئێمە قوربانگایەکمان هەیە
کە ئەوانەی خزمەتی چادری پەرستن دەکەن بۆیان
نییە لێی بخۆن.[e]
١١سەرۆك کاهین خوێنی ئاژەڵان وەك قوربانی
گوناە دەهێنێتە ناو شوێنی هەرەپیرۆز، بەڵام
کەلەشەکانیان لە دەرەوەی ئۆردوگا دەسووتێنرێن[f].
١٢لەبەر ئەوە عیساش لە دەرەوەی دەرگای شار
ئازاری چێژت، تاکو بە خوێنی خۆی گەل پیرۆز
بکات. ١٣کەواتە با بچینە دەرەوەی ئۆردوگا[g] بۆ لای
عیسا، ڕیسواییەکەی هەڵبگرین. ١٤لەبەر ئەوەی
لێرەدا هیچ شارێکمان بۆ نامێنێتەوە، بەڵام داوای ئەو
شارە دەکەین کە لە داهاتوودا دێت.
١٥لەبەر ئەوە، با بەردەوام لە ڕێگەی مەسیحەوە
بە لێوەکانمان ستایشی خودا بکەین، ئەمە
قوربانی ئێمەیە بۆ خودا. ١٦هەروەها چاکەکاری و
یارمەتیدانی خەڵك پشتگوێ مەخەن، چونکە ئەو
جۆرە قوربانییانە خودا دڵشاد دەکات.
١٧گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن،
چونکە شەوارەتان بۆ دەگرن، وەك بڵێی حیسابیان
پێشکەشی خودا دەکەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە
بکەن نەك بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان
دەبێت.
١٨نوێژمان بۆ بکەن، چونکە دڵنیاین ویژدانێکی
باشمان هەیە، حەز دەکەین لە هەموو شتێکدا
هەڵسوکەوتمان چاك بێت. ١٩زیاتر لێتان دەپاڕێمەوە
ئەمە بکەن، تاکو بە خێرایی بگەڕێمەوە لاتان.
٢٠با خودای ئاشتی کە بە خوێنی پەیمانی
هەتاهەتایی عیسای خاوەن شکۆمانی لەنێو مردووان
هەستاندەوە، شوانە پایەبەرزەکەی مەڕەکان،
٢١بە هەموو شتێکی باش ئامادەتان بکات تاکو
بە خواستی ئەو هەڵسوکەوت بکەن، لە ئێمەشدا
بەپێی ڕەزامەندی خۆی کار بکات بەهۆی عیسای
مەسیحەوە، هەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە. ئامین.

[a] ٢٩ دواوتار ٢٤:٤
[b] ٥ دواوتار ٦:٣١
[c] ٦ زەبوورەکان ١١٨:٦،٧.
[d] ٩ بە بۆچوونی جیاواز گومڕا مەبن.
[e] ١٠ مەبەست کاهینانی پەیمانی کۆن بۆیان نییە لە بەرهەمی خاچی مەسیح سوود وەربگرن، بڕوانە ئایەتی ١٥.
[f] ١١ بڕوانە دەرچوون ١٤:٢٩.
[g] ١٣ مەبەستی دەوروبەری شووری ئۆرشەلیمە.

## سڵاوی کۆتایی

[٢٢]خوشکان، برایان، لێتان دەپاڕێمەوە، بە سنگفراوانییەوە ئەم وتەی هاندانە وەربگرن، چونکە تەنها نامەیەکی کورتم بۆ نووسیون.

[٢٣]بزانن تیمۆساوسی برامان ئازاد کراوە. ئەگەر زوو هات، بەیەکەوە دیدەنیتان دەکەین.
[٢٤]سڵاو لە هەموو ڕابەران و تەواوی باوەڕداران بکەن. باوەڕدارانی ئیتالیا سڵاوتان لێدەکەن.
[٢٥]با نیعمەتی خودا لەگەڵ هەمووتان بێت.

# نامەی یاقوب

## کورتە باسێك

لە پەیمانی نوێدا چوار کەس هەبوون بە ناوی یاقوب. یاقوبی کوڕی زەبدی قوتابی عیسا، هەر زوو لە ساڵی (٤٤ ز.) کوژراوە (کردار ١٢). لەوە دەچێت یاقوبی حەلفی و یاقوبی برای یەهوزا بەهەرەیەکی وایان پێنەدرابێت کە نامەیەکی لەم جۆرە بنووسن. ئەوەی دیکەیان کوڕی مریەمە لە یوسف، کە دوای لەدایکبوونی عیسا ببوونە ژن و مێرد (مەتا ٥٥:١٣). لە ڕۆژانی ژیانی عیسا باوەڕی نەهێناوە و بەرپەرچی داوەتەوە (یۆحەنا ٢:٧-٥)، بەڵام دواتر بووەتە خزمەتکارێکی پێشکەوتوو. مەسیح لەدوای هەستانەوەی بۆی دەرکەوت (یەکەم کۆرنسۆس ٧:١٥)، بووە سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەی نێردراوان (کردار ١٣:١٥)، تاکو ئەو ڕادەیەی پۆڵس وەکو کۆڵەکەی کڵێسا دەیناسێنێ (گەلاتیا ٩:٢). دواتر لە ساڵی (٦٢ ز.) لە پێناوی مەسیحدا بەردباران کرا تاکو مردن. مەزەندە دەکرێ لە ساڵی (٤٩ ز.) ئەم نامەیەی نووسیبێت، بەر لە گرێدانی کۆبوونەوەی کڵێساکانی ئۆرشەلیم لە ساڵی (٥٠ ز.). (بڕوانە کردار بەشی ١٥.)

ئەم نامەیەی بە تایبەت ئاراستەی جولەکە باوەڕدارەکانی جیهان کردووە، کە لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا پەرتەوازە بوونە، هانیان دەدات لەسەر دانبەخۆداگرتن. بە شێوەیەکی گشتیش ئاراستەی هەموو باوەڕدارانە.

لەم نامەیەدا یاقوب باسی دانایی دەکات و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چ جۆرە باوەڕێك ڕاستەقینەیە؟ باوەڕی ڕاستەقینە کاریگەریی لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبێت. دەڵێ: «لەوانەیە کەسێك بڵێ: ”تۆ باوەڕت هەیە و من کردار.“ نیشانم بدە باوەڕت چۆن بێ کردار دەبێت، ئەوسا منیش بە کردارەکانم نیشانت دەدەم باوەڕم چۆنە.» (١٨:٢).

دەکرێ نامەکە بۆ چەند بەشێك دابەش بکەین:

١. ئەزموونی باوەڕ و تاقیکردنەوە (١:٢-١٨).
٢. بیستن و کارپێکردن (١٩:١-٢٧).
٣. هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە جوداخوازی (١:٢-١٣).
٤. بەیەکەوە بەستنی باوەڕ و کردار (١٤:٢-٢٦).
٥. کاریگەری زمان (١:٣-١٢).
٦. دانایی خوداییانە و دانایی شەیتان (١٣:٣-١٨).
٧. پەیوەندی باوەڕدار و جیهان (١:٤–٦:٥).
٨. هاندان لەسەر دانبەخۆداگرتن (٧:٥-٢٠).

١ لە یاقوبی بەندەی خودا و عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە،
بۆ دوازدە هۆزەکە[a] کە لەنێو نەتەوەکاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە،
سڵاو.

### تاقیکردنەوە لە دەرەوە

[٢]خوشکان و برایانم، بەوپەڕی خۆشیی دابنێن، کاتێك دەکەونە جۆرەها تاقیکردنەوەوە و ناخۆشی، [٣]چونکە دەزانن تاقیکردنەوەی باوەڕتان دانبەخۆداگرتن دروستدەکات. [٤]با دانبەخۆداگرتن تەواو کاری خۆی هەبێت، تاکو تەواو و پێگەیشتوو بن، کەموکوڕیتان لە هیچ شتێکدا نەبێت. [٥]ئەگەر یەکێکتان لە دانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لە خودا

[a] ١ مەبەست لە دوازدە هۆزەکەی نەوەی ئیسرائیلە.

بکات، کە بە دڵفراوانی بە هەمووان دەبەخشێت
و گلەییش ناکات، پێشی دەبەخشرێت. ٦بەڵام با بە
باوەڕەوە داوا بکات و گومان نەکات، چونکە ئەوەی
گومان دەکات وەك شەپۆلی دەریا وایە، با دەیهێنێت
و دەیبات. ٧ئەو مرۆڤە با بیرنەکاتەوە کە شتێك لە
مەسیحی باڵادەستەوە وەردەگرێت، ٨چونکە مرۆڤی
ڕاڕا، لە هەموو ڕێگاکانی چەسپاو نییە.
٩با برای پایەنزم شانازی بە بەرزییەکەیەوە بکات،
١٠دەوڵەمەندیش بە نزمییەکەی، چونکە وەك گوڵی
گژوگیا لەناودەچێت. ١١لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە گەرمییە
سووتێنەرەکەی هەڵدێت، گژوگیا وشك دەبێت و
گوڵەکەی هەڵدەوەرێت و دیمەنی جوانی نامێنێت.
بە هەمان شێوە، دەوڵەمەندیش کاتێك سەرقاڵە بە
کارەکانییەوە لەناودەچێت.

## تاقیکردنەوە لە ژوورەوە

١٢خۆزگە دەخوازرێت بەوەی بەرگەی
تاقیکردنەوە دەگرێت، چونکە کە سەلمێنرا تاجی
ژیان وەردەگرێت، ئەوەی خودا بەڵێنی داوە بیدات
بەوانەی خۆشیان دەوێت. ١٣کاتێك کەسێك تاقی
دەکرێتەوە، با نەڵێت: «لەلایەن خوداوە تاقی
دەکرێمەوە،» چونکە خودا لە کاری خراپەدا تاقی
ناکرێتەوە، ئەویش کەس بەو شێوەیە تاقی ناکاتەوە.
١٤بەڵام هەرکەسێك بەو ئارەزووە خراپەی کە هەیەتی
تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر پێی ڕاکێشرا و هەڵخەڵەتا.
١٥کە ئارەزووی خراپ سك بکات گوناهی لێ دەبێت،
گوناهیش کە گەشەی کرد مردن بەرهەم دێنێت.
١٦برایانی خۆشەویستم، هەڵمەخەڵەتێن. ١٧هەموو
بەخشینێکی چاك و بەهرەیەکی تەواو لەلایەن
سەرەوەیە، لەلای باوکی ڕووناکییەکانەوە دێتە
خوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێت و سێبەری خولانەوەی
نییە. ١٨خواستی لەسەر بوو کە بە وشەی ڕاستی
لەدایك ببین[a]، تاکو ببینە نۆبەرەی بەدیهێنراوانی.

[a] ١٨ بڕوانە یۆحەنا ١:١٢-١٣.

## گوێ بگرن و کاری پێ بکەن

١٩برا خۆشەویستەکانم، ئەمەتان بیر نەچێت: با
هەر مرۆڤێك لە گوێگرتندا خێرا بێت، لە قسەکردندا
لەسەرخۆ بێت، لە تووڕەبووندا خاو بێت، ٢٠چونکە
تووڕەیی مرۆڤ ڕاستودروستی خودا نایەنێتە کایەوە.
٢١کەواتە هەموو گڵاوی و گەشەکردنێکی بەدکاری
دابکەنن، ئەو وشەیەی کە لە ئێوەدا چانراوە بە
دڵنەرمییەوە وەریبگرن، ئەوەی دەتوانێت گیانتان
ڕزگار بکات.
٢٢تەنها گوێگری وشەی خودا مەبن، بەڵکو کاری
پێ بکەن، ئەگینا خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن، ٢٣چونکە
ئەگەر یەکێك گوێگری وشەی خودا بێت و کاری
پێ نەکات، وەك یەکێك وایە لە ئاوێنەدا سەیری
ڕوخساری خۆی بکات، ٢٤ئینجا دوای ئەوەی سەیری
خۆی دەکات و دەڕوات، یەکسەر لەبیری دەچێت
چۆن بووە. ٢٥بەڵام هەرکەسێك بە وردی سەرنجی
ئەو شەریعەتە تەواوە بدات کە ئازادی دەبەخشێت،
هەروەها بەردەوام کاری پێ بکات و ئەوەی
دەبیستێت لەیادی نەکات بەڵکو کاری پێ بکات،
ئەوا ئەمە لە کرداریدا بەرەکەتدارە.
٢٦ئەوەی خۆی بە دیندار دابنێت و زمانی
خۆی نەپارێزێت، ئەوا خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت و
دینداریەکەی پووچە. ٢٧ئایینی پاك و بێگەرد[b] لەلای
خودای باوك ئەمەیە: بەسەرکردنەوەی هەتیوان و
بێوەژنان لە تەنگانەیاندا، هەروەها خۆی لە گڵاوی
جیهان بپارێزێت.

## بە جیاوازی هەڵسوکەوت مەکەن

٢ ئەی خوشکان و برایانم، ئێمەی باوەڕداران
بە عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، نابێت
جیاکاری لەنێوان خەڵکی بکەین. ٢ئەگەر پیاوێك
هاتە ناو کۆڕەکەتان، ئەنگوستیلەی زێڕی لە پەنجە
بوو و بەرگی نایاب بوو، هەروەها هەژارێکیش بە
بەرگی پیس، ٣تەماشای بەرگە نایابەکەتان کرد و

[b] ٢٧ ئەم ڕێبازەی خودا دایناوە تاکو مرۆڤ لەڕێیەوە پەیوەندی پێوە بکات.

گوتتان: «لێرە دانیشە باشە،» بە هەژارەکەش بڵێن: «لەوێ ڕابوەستە» یان «لەبەرپێم دانیشە،» [٤]ئایا لەنێوان خۆتاندا جیاکاری ناکەن و بە بیری خراپ حوکم بەسەر یەکدا نادەن؟

[٥]خوشك و برا خۆشەویستەکانم، گوێ بگرن: ئایا خودا هەژارانی ئەم جیهانەی هەڵنەبژاردووە لە باوەڕ دەوڵەمەند بن و میراتگری شانشین بن کە بەڵێنی داوە بیدات بەوانەی خۆشیان دەوێت؟ [٦]بەڵام ئێوە سووکایەتیتان بە هەژارەکە کرد. ئایا دەوڵەمەندەکان نین خۆیان بەسەرتاندا دەسەپێنن و ڕاپێچی دادگاکانتان دەکەن؟ [٧]ئایا ئەوان نین کفر بەو ناوە چاکە دەکەن کە پێی بانگکراون؟

[٨]ئەگەر بەڕاستی شەریعەتی شاهانەتان هێناوەتە دی کە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکە دەڵێ: ﴿نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت،﴾[a] چاك دەکەن. [٩]بەڵام ئەگەر جیاکاری بکەن، ئەوا گوناه دەکەن و وەك سەرپێچیکار لەلایەن شەریعەتەوە سەرزەنشت دەکرێن، [١٠]چونکە ئەوەی هەموو شەریعەت بەجێبهێنێت، بەڵام تەنها بەندێکی بشکێنێت، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە. [١١]ئەوەی فەرموویەتی: ﴿داوێنپیسی مەکە،﴾[b] هەروەها فەرمووشیەتی: ﴿مەکوژە.﴾[c] ئەگەر داوێنپیسیت نەکرد بەڵام یەکێکت کوشت، ئەوا سەرپێچی شەریعەتت کردووە.

[١٢]ئاوا بدوێن و ئاوا کار بکەن، وەك بە شەریعەتی ئازادی حوکم بدرێن، [١٣]چونکە حوکمدان بێ بەزەییانەیە بۆ ئەو کەسەی کە بێ بەزەیی بووە، بەڵام بەزەیی بەسەر حوکمداندا سەردەکەوێت.

## باوەڕ و کردار

[١٤]خوشکان و برایانم، چ سوودێکی هەیە ئەگەر یەکێك بڵێت باوەڕم هەیە، بەڵام کرداری نەبێت؟ ئایا ئەم جۆرە باوەڕە دەتوانێت ڕزگاری بکات؟ [١٥]ئەگەر خوشك یان برایەك پێویستی بە جلوبەرگ و خواردنی ڕۆژانە هەبوو، [١٦]یەکێکتان پێتان گوتن: «بەخێر بچن، جلی گەرم لەبەر بکەن، تێر بخۆن،» و پێداویستییەکانی ژیانیان نەدەنێ، چ سوودێکی هەیە؟ [١٧]بەم شێوەیەش، باوەڕ ئەگەر کرداری نەبێت، لە خۆیدا مردووە.

[١٨]لەوانەیە کەسێك بڵێ: «تۆ باوەڕت هەیە و من کردار.» نیشانم بدە باوەڕت چۆن بێ کردار دەبێت، ئەوسا منیش بە کردارەکانم نیشانت دەدەم باوەڕم چۆنە. [١٩]تۆ باوەڕت هەیە کە یەك خودا هەیە، چاك دەکەیت. تەنانەت ڕۆحە پیسەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن.

[٢٠]ئەی مرۆڤی گێل، دەتەوێت بزانیت کە باوەڕ بێ کردار نەزۆکە؟ [٢١]ئایا ئیبراهیمی باوکمان بە کردار بێتاوان نەکرا، کاتێك لەسەر قوربانگا ئیسحاقی کوڕی پێشکەش کرد؟ [٢٢]دەبینیت باوەڕ بە کردارەکەی لە کاردا بوو، باوەڕەکەش بە کردار تەواو بوو. [٢٣]نووسراوە پیرۆزەکەش هاتە دی کە دەفەرموێ: ﴿ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا،﴾[d] هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا. [٢٤]دەبینن کە مرۆڤ بە کردار بێتاوان دەبێت نەك تەنها بە باوەڕ.

[٢٥]بەم شێوەیە ڕاحابی لەشفرۆش، ئایا بە کردار بێتاوان نەبوو، کە پێشوازی لە سیخوڕەکان[e] کرد و بە ڕێگایەکی دیکەدا بەڕێی کردن؟[f] [٢٦]هەروەك چۆن جەستە بێ ڕۆح مردووە، باوەڕیش بێ کردار مردووە.

## خراپی زمان

٣ خوشکان و برایانم، زۆرتان مەبنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت. [٢]هەموومان لە زۆر شت هەڵە دەکەین. ئەگەر یەکێك هەیە لە قسەکردندا هەڵە ناکات، ئەوە مرۆڤێکی تەواوە و دەتوانێت جڵەوی هەموو جەستەی بگرێتە دەست.

---

[a] ٨ لێڤییەکان ١٨:١٩

[b] ١١ دەرچوون ١٤:٢٠ و دواوتار ١٨:٥

[c] ١١ دەرچوون ١٣:٢٠ و دواوتار ١٧:٥

[d] ٢٣ پەیدابوون ٦:١٥

[e] ٢٥ یۆنانی: نێردراوەکان.

[f] ٢٥ بڕوانە یەشوع ٤:٢-١٥.

٣ئێمە لغاو دەکەینە دەمی ئەسپ تاکو گوێڕایەڵمان بێت و هەموو لەشی ئاراستە بکەین. ٤سەیری کەشتی بکەن، هەرچەندە گەورەیە و بای بەهێز دەیبات، کەچی بە سەوڵێکی بچووك بۆ هەر لایەك کەشتیوان بیەوێت ئاراستەی دەکات. ٥بە هەمان شێوە زمانیش ئەندامێکی بچووکە، بەڵام بە لەخۆباییبوونەوە شانازی دەکات. ئاگرێکی بچووك چ دارستانێکی گەورە دەسووتێنێ. ٦زمان ئاگرە، جیهانێکە لە خراپە لەنێو ئەندامانی لەشمان. زمان هەموو لەش گڵاو دەکات، ئاگر لە ژیان بەردەدات و خۆی بە گڕی دۆزەخ دادەگیرسێت.

٧مرۆڤ دەتوانێت هەموو جۆرە ئاژەڵێکی کێوی و باڵندە و خشۆك و بوونەوەرێکی ئاوی دەستەمۆ بکات و کردووشیەتی، ٨بەڵام کەس ناتوانێت زمان دەستەمۆ بکات. خراپەیەکە ناگیرێت، پڕە لە ژەهری کوشندە.

٩بە زمان ستایشی یەزدان و خودای باوك دەکەین، هەر بەمەش نەفرەت لەو خەڵکە دەکەین کە لە شێوەی خودا دروستکراون. ١٠ستایش و نەفرەت لە هەمان دەم دێتە دەرەوە. خوشکان و برایانم، ئەمە پەسەند نییە. ١١ئایا لە یەك کانیدا ئاوی سازگار و ئاوی سوێر هەڵدەقوڵێت؟ ١٢خوشکان و برایانم، ئایا دار هەنجیر زەیتوون دەگرێت، یان مێو هەنجیر؟ بەم شێوەیەش کانی سوێر ئاوی سازگار نادات.

## دانایی خودایی

١٣کێ لەنێوتاندا دانا و تێگەیشتووە؟ با بە ڕەوشتی باشی کردارەکانی پیشان بدات کە بە بێفیزییەك کە لە داناییەوە سەرچاوەی گرتبێت. ١٤بەڵام ئەگەر چاوپیسی تاڵ و خۆپەرستیتان لە دڵدا بوو، شانازی مەکەن یان نکۆڵی لە ڕاستی مەکەن. ١٥ئەم داناییە لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە، بەڵکو دنیایی و مرۆڤانە و شەیتانییە، ١٦چونکە چاوپیسی و خۆپەرستی لەکوێ بێت، گێرەشێوێنی و هەموو کارێکی خراپ لەوێیە.

١٧بەڵام ئەو داناییەی لە ئاسمانەوەیە، لەپێش هەموو شتێك پاکە، دواتر ئاشتیخوازە، خۆنەویستە، گوێڕایەڵە، پڕ لە بەزەییە و بەروبوومی چاکە، لایەنگر نییە، دووڕوو نییە. ١٨ئاشتیسازان تۆوی ئاشتی دەچێنن و بەرهەمەکەی ڕاستودروستی دەبێت.

## ملکەچی خودا بن

٤ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شەڕ و ناکۆکییەی نێوانتان چییە؟ ئایا بەهۆی ئارەزووە خراپەکان نییە کە لە ئەندامانی لەشتان دەجەنگن؟ ٢ئارەزوو دەکەن و نیتانە، هەر بۆیە دەکوژن. ئیرەیی دەبەن و ناتوانن دەستتان بکەوێت، هەر بۆیە ناکۆکی دەکەن و شەڕ دەکەن. نیتانە، چونکە لە خودا داوا ناکەن. ٣کاتێك داوا دەکەن وەریناگرن، چونکە بە پاڵنەری خراپ داوا دەکەن، تاکو ئارەزووەکانتانی پێ تێر بکەن.

٤ئەی داوێنپیسان، نازانن دۆستایەتی جیهان دوژمنایەتی خودایە؟ بۆیە ئەوەی بیەوێت ببێتە دۆستی جیهان، ئەوا بووەتە دوژمنی خودا. ٥یاخود وادەزانن نووسراوە پیرۆزەکە لەخۆڕا دەفەرموێ، خودا بە دڵگەرمی پەرۆشە بەو ڕۆحەی کە تیاماندا نیشتەجێی کردووە؟ ٦بەڵام نیعمەتی[a] زیاتر دەدات، بۆیە نووسراوە پیرۆزەکە دەفەرموێت:

﴿خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات،
بەڵام نیعمەت دەداتە بێفیزەکان.﴾[b]

٧بۆیە ملکەچی خودا بن. بەرهەڵستی شەیتان بکەن، لێتان هەڵدێت. ٨لە خودا نزیك بنەوە، لێتان نزیك دەبێتەوە. دەستتان خاوێن بکەنەوە ئەی گوناهباران، دڵتان پاك بکەنەوە ئەی ڕاڕاپەکان. ٩خەفەت بخۆن و بگریێن و شیوەن بکەن. پێکەنینتان بگۆڕن بۆ گریان و خۆشی بۆ خەفەت. ١٠لەبەردەم پەروەردگاردا بێفیز بن، ئەویش بەرزتان دەکاتەوە.

١١خوشکان، برایان، بە خراپە باسی یەکتری مەکەن. ئەوەی بە خراپە باسی براکەی بکات یاخود

[a] ٦ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.
[b] ٦ پەندەکان ٣٤:٣

براکەی حوکم بدات، ئەوا بە خراپە باسی تەورات
دەکات و تەورات حوکم دەدات. ئەگەر تەورات
حوکم بدەیت، ئەوا تۆ کار بە تەورات ناکەیت، بەڵکو
خۆت دەکەیت بە دادوەر بەسەرییەوە. ١٢تەنها یەك
شەریعەتدانەر و دادوەر هەیە، ئەو دەتوانێت ڕزگار
بکات و لەناوببات. بەڵام تۆ کێی تاکو نزیکەکەت
حوکم بدەیت؟

## پشتبەستن بە خودا

١٣وەرن ئەوانەی دەڵێن: «ئەمڕۆ یان بەیانی
دەڕۆین بۆ فلان شار، ساڵێك لەوێ دەبین و کاسبی
دەکەین و قازانج دەکەین.» ١٤ئێوە کە نازانن بەیانی
چی دەبێت، ژیانتان چییە؟ چونکە هەڵمێکە،
ماوەیەك دەردەکەوێت، دواتر نامێنێت. ١٥لە جیاتی
بڵێن: «ئەگەر مەسیحی باڵادەست خواستی لەسەر
بوو و ژیاین، ئەمە و ئەوە دەکەین.» ١٦بەڵام لە
جیاتی ئەوە، ئێوە شانازی بە لووتبەرزیتانەوە
دەکەن، هەموو شانازییەکی ئاواش خراپە. ١٧بۆیە
ئەوەی بزانێت چاکە بکات و نەیکات، گوناه دەکات.

## ئاگادارکردنەوەی دەوڵەمەندەکان

٥ وەرن ئەی دەوڵەمەندەکان، بگریێن و شیوەن
بکەن بۆ ئەو دەردەسەرییەی بەسەرتان دێت.
٢سامانتان بۆگەن بووە و بەرگتان مۆرانە لێیداوە،
٣زێڕ و زیوتان دادەخورێت، داخورانەکەشیان
شایەتیتان لەسەر دەدات و وەك ئاگر جەستەتان
دەخوات. لە ڕۆژانی کۆتایی گەنجینەتان بۆ خۆتان
کۆکردەوە. ٤ئەوەتا کرێی ئەو کرێکارانەتان نەداوە
کە لە کێڵگەکانی ئێوە کاریان کردووە، لە دژی
ئێوە هاوار دەکات. هاواری سەپانەکانیش گەیشتە
گوێی یەزدانی سوپاسالار. ٥لەسەر زەوی خۆشتان
ڕابواردووە و بە شوێن ئارەزووەکانی جەستەتان
کەوتوون، دڵی خۆتان وەك دابەستە بۆ ڕۆژی
سەربڕین ڕاگرتووە. ٦بێتاوانتان حوکم دا و کوشتتان،
کە بەرهەڵستی ئێوەیان نەدەکرد.

## دانبەخۆداگرتن لە ئازار

٧بۆیە خوشکان و برایانم، هەتا هاتنەوەی
مەسیحی خاوەن شکۆ ئارام بگرن. سەیر بکەن چۆن
جوتیار چاوەڕێی بەرهەمە سەنگینەکەی زەوی
دەکات، بۆ بارانی پاییز و بەهار ئارام دەگرێت.
٨ئێوەش ئارام بگرن و دڵتان بچەسپێنن، چونکە
هاتنەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ نزیك بووەتەوە.
٩خوشکان، برایان، بۆڵەبۆڵ لەسەر یەکتری مەکەن،
نەوەك حوکم بدرێن. ئەوەتا دادوەر لە بەردەرگا
ڕاوەستاوە.

١٠خوشکان، برایان، نموونە وەربگرن لە بەرگەی
ئازار و ئارامگرتنی ئەو پێغەمبەرانەی کە بە
ناوی یەزدانەوە قسەیان کرد. ١١وا ئێمە ئەوانە بە
بەختەوەر دەزانین کە دانیان بەخۆیاندا گرتووە.
دانبەخۆداگرتنی ئەیوبتان بیستووە و کە لە ئەنجامدا
یەزدان چۆن بەرەکەتداری کرد،[a] چونکە یەزدان
بەزەیی زۆرە و میهرەبانە.

١٢خوشکان و برایانم، پێش هەموو شتێك، سوێند
مەخۆن، نە بە ئاسمان و نە بە زەوی و نە بە شتی
دیکە. بەڵکو با «بەڵێ»تان بەڵێ بێت و «نەخێر»تان
نەخێر بێت، نەوەك بکەونە ژێر تاوانبارکردن.

## نوێژ بە باوەڕەوە

١٣کامەتان ناخۆشی هەیە؟ با نوێژ بکات. کەس
دڵخۆشە؟ با بە گۆرانی ستایش بکات. ١٤کامەتان
نەخۆشە؟ با پیرانی کڵێسا بانگ بکات بۆ ئەوەی
نوێژی لەسەر بکەن و بە ناوی عیسای خاوەن
شکۆوە چەوری بکەن[b] . ١٥ئەو نوێژەی بە باوەڕ
دەکرێت نەخۆش چاك دەکاتەوە و عیسای خاوەن
شکۆ هەڵیدەستێنێتەوە. ئەگەر گوناهێکیشی
کردبێت دەبەخشرێت. ١٦بۆیە بۆ یەکتری دان بە
گوناهەکانتاندا بنێن، نوێژ بۆ یەکتری بکەن تاکو
چاکببنەوە. نوێژی کەسی ڕاستودروست زۆر بەهێز
و کاریگەرە.

[a] ١١ بڕوانە ئەیوب ٤٢:١٠-١٧.
[b] ١٤ بڕوانە مەرقۆس ٦:١٣

[17]ئەلیاس مرۆڤێك بوو وەك ئێمە لە هەمان
سروشت، بە گەرمی نوێژی کرد تاکو باران نەبارێت،
ئیتر سێ ساڵ و نیو لەسەر خاکەکەیان باران نەباری.
[18]نوێژی کردەوە، ئاسمان بارانی دا و زەویش
بەرهەمی دا. [19]خوشکان و برایانم، ئەگەر یەکێکتان
لە ڕاستی چەواشە کرا و یەکێك گەڕاندییەوە، [20]با
بزانێت ئەوەی گوناهبارێك لە ڕێگای گومڕایی
بگەڕێنێتەوە، دەروونێك لە مردن ڕزگار دەکات و زۆر
گوناهیش دادەپۆشێت.

# یەکەم نامەی پەترۆس

## کورتە باسێك

بەگوێرەی ناوەڕۆکی نامەکە وا دیارە ئەم نامەیە لەلایەن پەترۆسی قوتابییەوە نووسراوە (١:١؛ ٥:١-٢)، بە یارمەتی سیلا کە نووسەری ئەو بووە، بەو هۆیەوە بە یۆنانییەکی پەتی نووسیویەتی (٥:١٢). لەوانەیە لە ساڵی (٦٢-٦٤ ز.) لە ڕۆماوە ئەم نامەیەی نووسیبێ، بۆ باوەڕدارانی ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا). پەترۆس لە ساڵی (٦٧-٦٨ ز.) لە سەردەمی پاشایەتی نیرۆیدا کوژراوە.

مەبەستی سەرەکی ئەم نامەیە هاندانە بۆ بەرگەگرتنی چەوسانەوە و ئازار چێژتن لە پێناوی مەسیحدا. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پەترۆس مژدەی عیسای مەسیح بەبیر خوێنەرانی دەهێنێتەوە، ئەوەی بە مردن و هەستانەوە و هاتنەوەی هیوای بە جیهان بەخشی (١:٣). بۆیە لەسەریانە بەرگەی هەموو چەوسانەوەیەك بگرن و باوەڕ بکەن ئەوە تاقیکردنەوەی تەواوی باوەڕیانە، لەسەر ئەمەش لە ڕۆژی دەرکەوتنی عیسا پاداشت وەردەگرن. «ئەمە نیعمەتە ڕاستەقینەکەی خودایە. تێیدا بچەسپێن.» (٥:١٢) ئەم نامەیە بۆ چەند بەشێك دابەش دەکرێت:

١. ستایشکردنی خودا لە پێناوی ڕزگاری (١:٣-١٢).
٢. بانگەواز بۆ پیرۆزی (١:١٣-٢:١٠).
٣. ملکەچی بۆ دەسەڵات (٢:١١-٣:٧).
٤. ئازار چێژتن لە پێناوی چاکە و مەسیح وەك نموونە (٣:٨-٤:٦).
٥. کۆتایی زەمان (٤:٧-١١).
٦. ئازار چێژتن لە پێناوی مەسیحدا (٤:١٢-١٩).
٧. بانگەوزای بۆ پیران (٥:١-٤).
٨. بانگەوزای بۆ گەنجان (٥:٥-١١).

١ لە پەترۆسی نێردراوی عیسای مەسیحەوە،
بۆ ئەوانەی خودا هەڵیبژاردوون، بێگانە
پەراگەندەکان لە پۆنتۆس و گەلاتیا و
کەپەدۆکیا و ئاسیا و بیسینیا[a] ، ٢بەگوێرەی
زانینی پێشووی خودای باوك هەڵبژێردراون، بە
پیرۆزکردنی ڕۆحی خۆی بۆ گوێڕایەڵی عیسای
مەسیح و پرژاندنی خوێنەکەی:
با نیعمەت[b] و ئاشتیتان زیاد بێت.

### ستایشی خودا بۆ هیوای زیندوو

٣ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی
گەورەمان! بەگوێرەی بەزەییە فراوانەکەی
لەدایکبوونەوەی پێ بەخشین[c] بۆ هیوایەکی زیندوو
بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان، ٤بۆ
میراتێك کە نافەوتێت و گڵاو نابێت و کاڵ نابێتەوە،
بۆ ئێوە لە ئاسمان پارێزراوە، ٥ئێوە کە بە هێزی خودا
پاسەوانی کراون بە باوەڕ، بۆ ئەو ڕزگارییەی ئامادەیە
لە کۆتایی زەمانە ڕابگەیەنرێ. ٦ئەمانە دڵخۆشتان
دەکات، هەرچەندە لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کەم ناچار
بن بە دەست تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر ئازار بچێژن،
٧تاکو سەلماندنی باوەڕی ڕاستەقینەتان، کە لە زێڕی
لەناوچوو نرخدارترە کە بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە، بۆ
ستایش و شکۆ و ڕێز بێت لە ئاشکراکردنی عیسای
مەسیحدا. ٨هەرچەندە نەتانبینیوە خۆشتان دەوێ،

[a] ١ هەموو ئەو شوێنانە لە تورکیای ئێستان.

[b] ٢ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[c] ٣ مەبەست لە خوداوە لەدایك بووین، بڕوانە یۆحەنا ٣:٣-٨.

ئێستاش نایبینن باوەڕی پێ دەهێنن و دڵخۆش دەبن بە شێوەیەك هەر باسی ناکرێت و شکۆدارە، [٩]چونکە ئامانجی باوەڕتان بەدەستدەهێنن، واتە ڕزگاری دەروونتان.

[١٠]ئەو پێغەمبەرانەی کە پێشبینییان کرد لەسەر ئەو نیعمەتەی کە خودا بۆ ئێوەی ئامادە کردبوو، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە بابەتی ئەو ڕزگاربوونە کرد و بەدوایدا گەڕان، [١١]ڕۆحی مەسیح کە تێیاندابوو، ئاگاداری دەکردنەوە سەبارەت بە ئازارەکانی مەسیح و ئەو شکۆداربوونەی لەدوای ئازارەکانەوە دێت، هەوڵیان دەدا کە بزانن ڕۆحی پیرۆز ئاماژە بە چی دەکات لەبارەی کاتی ڕوودانەکەی یان بارودۆخی جیهان لە کاتی ڕوودانەکەی. [١٢]بۆیان ئاشکرا کرا کە پەیامەکە بۆ خۆیان نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو، واتە ڕووداوەکان لە سەردەمی ئێوە ڕوودەدەن. ئێستا پێتان ڕاگەیەنرا بەهۆی ئەوانەی مزگێنییان پێ بەخشین بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆز، کە لە ئاسمانەوە نێردراوە. ئەمانە ئەو ڕووداوانەن کە فریشتەکانیش بە پەرۆشن لێیان ورد ببنەوە.

## بانگەواز بۆ پیرۆزی

[١٣]بۆیە با مێشکتان ئامادە بێت بۆ چالاکی، خۆڕاگر بن، هیواتان بە تەواوی لەسەر ئەو نیعمەتە بێت کە لە ئاشکراکردنی عیسای مەسیحەوە دێت. [١٤]وەك منداڵی گوێڕایەڵ، وەك کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن، [١٥]بەڵکو وەك ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێك پیرۆز بن، [١٦]چونکە نووسراوە: «پیرۆز بن، چونکە من پیرۆزم.»[a]

[١٧]لەبەر ئەوەی لە خودای باوك دەپاڕێنەوە، ئەوەی بێ لایەنگری هەرکەسێك بەگوێرەی کردەوەکەی حوکم دەدات، کەواتە لە کاتی نامۆییتاندا بە لەخواترسییەوە بژین. [١٨]دەزانن بە شتی لەناوچووی وەك زێڕ و زیو نەکڕاونەتەوە، لەو ژیانە پووچەی لە باوباپیرانەوە بۆتان مابووەوە، [١٩]بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها، خوێنی مەسیح، وەك لە بەرخێکی بێ لەکە و کەموکوڕی. [٢٠]لەپێش دامەزراندنی جیهان هەڵبژێردرابوو، بەڵام لەم ڕۆژگارانەی دوایی لە پێناوی ئێوەدا دەرکەوت. [٢١]بەهۆیەوە باوەڕتان بە خودا هەیە، ئەوەی لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە و شکۆی پێدا، تاکو هیوا و باوەڕتان بە خودا بێت.

[٢٢]بە گوێڕایەڵیتان بۆ ڕاستی خۆتان پاك کردووەتەوە بۆ خۆشەویستی برایانەی بێ دووڕوویی، لە قووڵایی دڵەوە یەکتریتان خۆشبوێ. [٢٣]ئێوەش لەدایك بوونەوە[b]، نەك بە تۆوێکی فەوتاو بەڵکو نەفەوتاو، بە وشەی زیندووی خودا کە دەمێنێتەوە، [٢٤]چونکە نووسراوە:

«هەموو مرۆڤێك وەك گژوگیا وایە و
هەموو شکۆیەکەی وەك گوڵی کێوی وایە.
گژوگیا وشك دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ،
[٢٥] بەڵام فەرمایشتی یەزدان هەتاهەتایە چەسپاو
دەبێت.»[c]

ئەمەش ئەو فەرمایشتەیە کە مزگێنیتان پێدرا.

## بەردی زیندوو

٢ بۆیە هەموو ڕق و هەموو فێڵ و دووڕوویی و چاوپیسی و هەموو زەمکردنێك دابکەنن. [٢]وەك ساوای تازە لەدایك بوو، ئارەزووتان لە شیری ڕۆحی پاك بێت، تاکو بەمە بۆ ڕزگاری گەشە بکەن، [٣]چونکە تامتان کردووە کە مەسیحی باڵادەست چاکە.

[٤]ئەوەی ئێوە دێنە لای، بەردە زیندووەکەیە، لەلایەن خەڵکەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە و گرانبەهایە، [٥]ئێوەش وەك بەردی زیندوو لە خانوویەکی ڕۆحی بنیادنراون، بۆ کاهینێتی پیرۆز، بۆ کردنی قوربانییە ڕۆحییە قبوڵکراوەکان بۆ خودا لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە، [٦]چونکە لە نووسراوە پیرۆزەکاندا هاتووە:

[a] ١٦ لێڤییەکان ١١:٤٤،٤٥ و لێڤییەکان ١٩:٢ و لێڤییەکان ٢٠:٧.
[b] ٢٣ نوێبوونەوە بە ڕۆحی پیرۆز.
[c] ٢٥ ئیشایا ٤٠:٦-٨.

﴿ئەوەتا بەردێك لە سییۆن دادەنێم،
گرنگترین بەردی بناغەی[a] هەڵبژێردراو و
گرانبەها،
ئەوەی پشتی پێ ببەستێت شەرمەزار نابێت.﴾[b]

٧بۆیە بۆ ئێوە کە باوەڕتان هێناوە ئەم بەردە
گرانبەهایە، بەڵام بۆ بێباوەڕان،

﴿ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە،
بوو بە گرنگترین بەردی بناغە،﴾[c]

٨هەروەها:

﴿دەبێتە بەردێك بۆ کۆسپ،
تاشەبەردێکیش کە لێی بکەونە خوارەوە.﴾[d]

ئەوانە ساتمە دەکەن و دەکەون چونکە گوێڕایەڵی
وشەی خودا نین، هەر ئەمەشە چارەنووسیان.
٩بەڵام ئێوە گەلێکی هەڵبژێردراون، کاهینێتی
شاهانە، نەتەوەیەکی پیرۆز، گەلی تایبەتی خودان[e]،
تاکو چاکییەکانی ئەوە ڕابگەیەنن کە بانگی کردوون
لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکییە سەیرەکەی. ١٠پێشتر گەل
نەبوون، بەڵام ئێستا گەلی خودان، پێشتر بەزەییتان
وەرنەگرتبوو، بەڵام ئێستا بەزەییتان وەرگرت.
١١خۆشەویستان، وەك نامۆ و بێگانە لێتان
دەپاڕێمەوە لە هەوەسەکانی جەستە دوور
بکەونەوە، کە لە دژی دەروون دەجەنگێت. ١٢با
لەنێو بێباوەڕاندا ڕەوشتتان باش بێت، تاکو کاتێك
بوختانتان پێ دەکەن گوایا ئێوە بەدکارن، کردەوە
چاکەکانتان ببینن و لە ڕۆژی بەسەرکردنەوەی
خوداش ئەوان شکۆداری بکەن.

## ملکەچی بۆ دەسەڵاتداران

١٣لەبەر مەسیحی باڵادەست ملکەچی هەموو
دەزگایەکی مرۆڤانە بن: بۆ پاشا وەك دەسەڵاتدار،
١٤یان بۆ پارێزگاران وەك نێردراوی ئەو بۆ سزادانی
بەدکاران و ستایشی چاکەکاران، ١٥چونکە خواستی
خودا ئاوایە، بە چاکەکاری نەزانی گێلەکان بێدەنگ
بکەن. ١٦وەك مرۆڤی ئازاد بژین، بەڵام نەك ئازادی
پەردەی بەدکاری بێت، بەڵکو وەك بەندەی خودا
بژین. ١٧ڕێز لە هەمووان بگرن، هاوباوەڕانتان
خۆشبوێ، لە خودا بترسن، ڕێز لە پاشا بگرن.

## نموونەی ئازارەکانی مەسیح

١٨ئەی کۆیلەکان، بە هەموو ترسەوە ملکەچی
گەورەکانتان بن، نەك تەنها بۆ چاك و دڵنەرمەکان،
بەڵکو بۆ توندەکانیش، ١٩چونکە ئەگەر کەسێك
لەبەر ویژدانی بەرامبەر خودا بەرگەی ژانی ئازاری
زۆرداری بگرێت، ئەمە جێی ستایشە. ٢٠بەڵام ئەگەر
هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ
شانازییەکە؟ بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا
بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا.
٢١بۆ ئەمە بانگکراون، لەبەر ئەوەی مەسیحیش لە
پێناوتاندا ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن،
تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن.

٢٢﴿ئەوەی هیچ گوناهێکی نەکردبوو،
فڕوفێڵی لەسەر زار نەبوو.﴾[f]

٢٣ئەوەی جنێوی پێدەدرا و جنێوی نەدەدایەوە، ئازار
دەدرا و هەڕەشەی نەدەکرد، بەڵکو خۆی دەدایە
دەست ئەوەی حوکمی دادپەروەرانەیە. ٢٤ئەوەی
خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار گوناهەکانمانی
هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و بۆ
ڕاستودروستی بژین. بە برینەکانی ئەو چاکبوونەوە.[g]
٢٥چونکە ئێوە وەك مەڕی ونبوو وابوون، بەڵام ئێستا
گەڕانەوە لای شوان و چاودێری گیانتان.

[a] ٦ یان قولینچك.
[b] ٦ ئیشایا ١٦:٢٨.
[c] ٧ زەبوورەکان ٢٢:١١٨
[d] ٨ ئیشایا ١٤:٨.
[e] ٩ بڕوانە دەرچوون ١٩:٥-٦ و ئیشایا ٤٣:٢٠،٢١.
[f] ٢٢ ئیشایا ٩:٥٣.
[g] ٢٤ بڕوانە ئیشایا ٥:٥٣

## گوێڕایەڵی ناو ماڵ

٣ ئەی ژنەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی
مێردەکانتان بن، تەنانەت ئەگەر هەندێکیان
گوێڕایەڵی وشەی خودا نەبوون[a]، ئەوا ژنەکان بێ
وشە بە ڕەوشتیان دەیانبەنەوە، ٢ کاتێک لەخواترسی
و ڕەوشتی پاکتان ببینن. ٣ با ڕازاوەییتان دەرەکی
نەبێت، لە ئەگریجەی پرچ و زێڕ بەخۆوەکردن و
جلی باش لەبەرکردن، ٤ بەڵکو لەناو دڵتاندا شاراوە و
لەناونەچوو بێ، ڕازاندنەوەی ڕۆحێکی نەرم و هێمن،
ئەوەی لەلای خودا گرانبەهایە، ٥ چونکە بەم شێوەیە
ژنە پیرۆزەکان لە کۆندا، کە هیوایان بە خودا بوو،
خۆیان دەڕازاندەوە، ملکەچی مێردەکانیان دەبوون،
٦ وەک سارا گوێڕایەڵی ئیبراهیم بوو، بە گەورە بانگی
دەکرد. ئێوەش بوونەتە کچی ئەو، ئەگەر چاکە بکەن
و لە شتێک نەترسن.

٧ بە هەمان شێوە، مێردەکان، بە هەستیارییەوە
لەگەڵ ژنەکانتاندا بژین و ئەوە لەبەرچاو بگرن کە
لە ئێوە ناسکترن. ڕێزیان بگرن، چونکە لەگەڵتاندا
هاومیراتی نیعمەتی ژیانن، بۆ ئەوەی نوێژەکانتان
کۆسپی تێنەکەوێت.

## بەرگەگرتنی ئازار لە پێناوی ڕاستی

٨ لە کۆتاییدا، هەمووتان یەک بیروڕاتان هەبێ،
هاوسۆزبن و خۆشەویستی برایانەتان هەبێ،
میهرەبان و ڕۆحسووک بن. ٩ خراپە بە خراپە
مەدەنەوە، نە جنێویش بە جنێو، بەڵکو بە
پێچەوانەوە داوای بەرەکەت بکەن و بزانن ئێوە
بۆ ئەمە بانگکراون، تاکو ببنە میراتگری بەرەکەت،
١٠ چونکە

«ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆشبوێت و
ڕۆژگاری خۆش ببینێت،
با زمانی لە خراپە بپارێزێت و
لێوەکانی لە فێڵبازی.
١١ با لە خراپە لابدات و چاکە بکات،
با بەدوای ئاشتیدا بگەڕێت و کۆششی بۆ
بکات،
١٢ چونکە چاوی یەزدان لەسەر ڕاستودروستانە و
گوێی لە پاڕانەوەکانیان ڕاگرتووە.
بەڵام ڕووی یەزدان لە دژی خراپەکارانە.»[b]

١٣ کێ ئازارتان دەدات ئەگەر بۆ چاکە دڵگەرم
بن؟ ١٤ بەڵام ئەگەر لەبەر ڕاستودروستی ئازارتان
چێژت، ئەوا خۆزگە بە ئێوە. «مەترسن لەوەی کە
ئەوان لێی دەترسن، مەتۆقن.»[c] ١٥ بەڵکو مەسیح
وەک پەروەردگار لە دڵتاندا تەرخان بکەن، هەردەم
ئامادەبن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری هەر یەکێک
سەبارەت بەم هیوایەی لە ئێوەدایە، بەڵام بە
دڵنەرمی و ڕێزەوە. ١٦ هەروەها ویژدانێکی باشتان
هەبێت، هەتا ئەوانەی بوختان بە سەربوردە
باشەکانتان دەکەن کە بەرهەمی یەکبوونتانە
لەگەڵ مەسیح، لە قسەکانیان شەرمەزار بن،
١٧ چونکە باشترە، ئەگەر خواستی خودا بێت، لەبەر
چاکەکاری ئازار بدرێن، نەک خراپەکاری. ١٨ لەبەر
ئەوەی مەسیح تەنها جارێک لەبەر گوناه ئازار درا،
بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک
بکاتەوە. خەڵک مەسیحیان کوشت بەڵام خودا بە
ڕۆح زیندووی کردەوە، ١٩ بەمەش ڕۆحی مەسیح چوو
مزگێنی دا بە ڕۆحە زیندانییەکان، ٢٠ بەوانەی کە لە
کۆندا یاخی بوون، کاتێک خودا لە ڕۆژانی نوحدا بە
پشوودرێژییەوە چاوەڕوان بوو، کە کەشتییەکە ئامادە
دەکرا. تەنها هەشت کەس لەم کەشتییەدا بوون و بە
ئاو ڕزگار بوون. ٢١ ئەمەش هێمای لەئاوهەڵکێشانە
کە ئێستا ڕزگارتان دەکات، نەک سڕینەوەی پیسی
جەستە، بەڵکو بەڵێنی ویژدانێکی باش بۆ خودا،
بە هەستانەوەی عیسای مەسیح، ٢٢ ئەوەی بەرەو
ئاسمان ڕۆیشت و لە دەستەڕاستی خودا دانیشت،
فریشتە و دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی.

[a] ١ مەبەستی لەو ژنانەیە لەدوای مێردکردن باوەڕیان هێناوە، مێردەکانیان هێشتا باوەڕیان نەهێناوە.

[b] ١٢ زەبوورەکان ٣٤:١٢-١٦

[c] ١٤ ئیشایا ٨:١٢.

## چەکداربوون بەو بیروڕایە

٤ وەك مەسیح بە جەستە ئازاری چێژت، ئێوەش
خۆتان بەم بیروڕایە چەکدار بکەن، چونکە
ئەوەی بە جەستە ئازار بچێژێ لە گوناه کردن
دەوەستێ، ٢تاکو ئەو کاتەی بە جەستە لە ژیاندا
ماوە بۆ هەوەسی مرۆڤانە نەژی، بەڵکو بۆ خواستی
خودا. ٣ئیتر ئەو کاتەی لە کردنی خواستی بێباوەڕان
بەسەرتان برد بەسە، لە بەڕەڵایی، هەوەسبازی،
سەرخۆشی، ڕابواردن، ئاهەنگی شەرابخواردنەوە،
بتپەرستی قێزەون. ٤لەمە سەرسام دەبن کە لەگەڵیان
ڕاناکەن بۆ لافاوی هەمان بەدڕەوشتی و جنێوتان
پێدەدەن. ٥بەڵام ئەوانە حیسابی خۆیان دەدەن
بەوەی کە ئامادەیە مردووان و زیندووان حوکم
بدات، ٦چونکە بۆ ئەم هۆیە مژدە درایە مردووانیش،
تاکو بەگوێرەی خەڵك لە جەستەدا حوکم بدرێن،
بەڵام بەگوێرەی خودا لە ڕۆحدا بژین.
٧کۆتایی هەموو شتێك نزیك بووەتەوە. بۆیە ژیر
و چاوکراوە بن تاکو نوێژ بکەن. ٨لە سەرووی هەموو
شتێکەوە خۆشەویستیتان بۆ یەکتری بە هێز بێت،
چونکە خۆشەویستی گوناهی زۆر دادەپۆشێت. ٩بێ
بۆڵەبۆڵ میوانداریەتی یەکتری بکەن. ١٠هەریەکە
بەگوێرەی ئەو بەهرەیەی وەریگرتووە، خزمەتی
یەکتری پێ بکەن، وەك سەرکارێکی باش لەسەر
نیعمەتە جۆراوجۆرەکانی خودا. ١١ئەگەر یەکێك وتار
دەدات، با بە جۆرێك بدوێت وەك کەسێك کە پەیامی
خودا ڕابگەیەنێت. ئەگەر یەکێك خزمەت دەکات
وەك بە هێزێك لە خوداوە درا بێت، تاکو خودا لە
هەموو شتێکدا شکۆدار بێت بە عیسای مەسیح،
هەتاهەتایە شکۆ و دەسەڵات بۆ ئەوە. ئامین.

## وەك قوتابی مەسیح ئازار بدرێن

١٢خۆشەویستان، لەلاتان سەیر نەبێ لە
تاقیکردنەوەتان بەڵای سووتێنەر تووشتان دێت، وەك
بڵێی شتێکی سەیرتان بەسەرهاتووە، ١٣بەڵکو دڵخۆش
بن وەکو بەشداریتان لە ئازارەکانی مەسیحدا کرد،
تاکو لە ئاشکراکردنی شکۆیەکەی دڵخۆش و شادمان
بن. ١٤ئەگەر بە ناوی مەسیح جنێوتان پێدرا، خۆزگە
دەخوازرێت بە ئێوە، چونکە ڕۆحی شکۆ و خودا
دێتە سەرتان. ١٥با کەستان وەك بکوژێك یان دزێك
یان بەدکارێك یاخود یەکێك دەست لە کاروباری
خەڵك وەربدات ئازار نەچێژێ، ١٦بەڵام ئەگەر وەك
قوتابی مەسیح ئازار بدرێن، شەرم مەکەن، بەڵکو
ستایشی خودا بکەن کە ناوی مەسیحتان هەڵگرتووە،
١٧چونکە کاتی دەستپێکردنی لێپرسینەوەیە لە گەلی
خودا. ئەگەر دەستپێك لە ئێمەوە بێت، کۆتایی
ئەوانە چی دەبێت کە گوێڕایەڵی پەیامی ئینجیلی
خودا نابن؟

١٨ «ئەگەر کەسی ڕاستودروست بە زەحمەت
ڕزگاری ببێت،
ئەی چارەنووسی خراپەکار و گوناهبار چۆن
دەبێت؟»[a]

١٩بۆیە ئەوانەی بەگوێرەی خواستی خودا ئازار
دەدرێن، با خۆیان بدەنە دەست بەدیهێنەری دڵسۆز
و بەردەوام بن لە چاکەکاری.

## شوانی مێگەلی خودا

٥ داوا لەو پیرانە دەکەم کە لەنێوتاندان، وەك
پیرێکی هاوڕێ، شایەتی ئازارەکانی مەسیح
و هاوبەشی ئەو شکۆیەی وا ڕادەگەیەنرێ: ٢ئەو
مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لەنێوانتاندایە، وەك
چاودێر خزمەت بکەن، نەك بە ناچاری، بەڵکو بە
ویستەوە بەگوێرەی خودا، نەك بۆ دەستکەوتی
شەرمەزاری، بەڵکو بە چالاکییەوە، ٣خۆتان بەسەر
ئەوانەدا مەسەپێنن کە دراونەتە دەستتان، بەڵکو
ببنە نموونە بۆ مێگەل. ٤کاتێکیش سەرۆکی شوانان
دەردەکەوێ، تاجی شکۆ وەردەگرن کە کاڵ نابێتەوە.
٥ئەی لاوەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی پیران بن،
هەمووتان خۆتان بە بچووکی یەکتر بزانن، چونکە:

[a] ١٨ پەندەکان ١١:٣١

﴿خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات،
بەڵام نیعمەت دەداتە بێفیزەکان.﴾[a]

[٦]بۆیە لەژێر دەستی بەهێزی خودا بێفیز بن، تاکو لە
کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە. [٧]هەموو خەمێکتان بە
خودا بسپێرن، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات.
[٨]چاوکراوە بن و ئێشك بگرن، شەیتانی دوژمنتان
وەك شێرێکی بە نەڕەنەڕ دەسووڕێتەوە، بەدوای
یەکێکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیخوات. [٩]بەربەرەکانێی
بکەن، چەسپاو بن لە باوەڕ، بزانن خوشك و
براکانیشتان لە جیهاندا هەمان ئازار دەچێژن.
[١٠]خودای هەموو نیعمەتێك، ئەوەی بەهۆی
عیسای مەسیحەوە بانگی کردوون بۆ شکۆیە
هەتاهەتاییەکەی، کە تۆزێك ئازارتان چێژت، خۆی
تەواوکارتانە و دەتانچەسپێنێت و بەهێزتان دەکات
و بناغەتان دادەنێت. [١١]هەتاهەتایە هێز بۆ ئەوە.
ئامین.

## نیعمەتی ڕاستی خودا

[١٢]بەهۆی سیلا[b]، کە بە برای دڵسۆزی دەزانم،
بە کورتی بۆم نووسین، هانتان دەدەم و شایەتی
دەدەم، ئەمە نیعمەتە ڕاستەقینەکەی خودایە. تێیدا
بچەسپێن. [١٣]ئەوەی لە بابل[c] وەك ئێوە هەڵبژێردراوە،
سڵاوتان لێدەکات، هەروەها مەرقۆسی ڕۆڵەم. [١٤]بە
ماچی خۆشەویستی سڵاو لە یەکتری بکەن. ئاشتی
بۆ هەمووتان بێت، ئێوە کە سەر بە مەسیحن.

---

[a] ٥ پەندەکان ٣:٣٤

[b] ١٢ یۆنانی: سیلوانۆس.

[c] ١٣ بابل: هێمایە بۆ ڕۆما.

# دووەم نامەی پەترۆس

## کورتە باسێك

ئەمە نامەیەکی ئاگادارکەرەوەیە لەلایەن پەترۆسی قوتابی و نێردراوی مەسیحەوە کە دەسەڵاتی پێدراوە بە وتەی ڕۆحی پیرۆز بدوێت و کە شایەتحاڵی شێوە گۆڕانی عیسا بووە (١٦:١-١٨، بڕوانەمەتا ١:١٧-٥). مەسیح سەبارەت بەو دەفەرموێ: «لەسەر ئەم بەردە کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت.» (مەتا ١٨:١٦). لەدوای سێ ساڵ لە نووسینی نامەی یەکەم کە نزیکەی ساڵی (٦٧ ز.) یە و لەوانەیە لە ڕۆماوە نووسرابێت. پەترۆس لەدوای ماوەیەکی کورت لە نووسینی ئەم نامەیە لە پێناوی مەسیحدا کوژراوە.

پەترۆس دەزانێت ژیانی لەسەر زەوی زۆری بە بەرەوە نەماوە، بۆیە هەرچی لەناو دڵیدا هەیە دەینووسێت و ئاراستەی هەموو باوەڕدارانی دەکات. وەك شوانێك باوەڕداران لەو شتانە ئاگادار دەکاتەوە کە لەدوای مردنی ئەو ڕوودەدەن و بە شێوەیەکی تایبەتیش سەبارەت بە مامۆستایانی درۆزن. هەروەها ڕاستی چەسپاوی ئینجیلیان بیردەخاتەوە، «هێزە خوداییەکەی مەسیح هەموو ئەو شتانەی پێ بەخشیوین کە بۆ ژیان و لەخواترسی پێویستە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ناسینەی کە هەمانە بۆ ئەو خودایەی کە بانگی کردین بۆ شکۆ و چاکییەکەی.» (٣:١). دەکرێ نامەکە بۆ چەند بەشێك دابەش بکەین:

١. هەڵبژاردن و بانگەوازی بۆ گەشەکردن (١:٣-١١).
٢. مەبەستی پەیامی پەترۆس و سەلماندنی (١:١٢-٢١).
٣. ئاگادارکردنەوە لە مامۆستایانی درۆزن (٢:١-٢٢).
٤. هاتنی ڕۆژی یەزدان (٣:١-١٨).

١ لە شیمۆن پەترۆسی بەندە و نێردراوی عیسای مەسیحەوە،
بۆ ئەوانەی لە ڕێگەی ڕاستودروستی خودا و ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح باوەڕێکی بەهاداری وەك باوەڕی ئێمەیان دەستکەوتووە.
[٢]با نیعمەت[a] و ئاشتیتان بۆ زیاد بێت، بە ناسینی خودا و عیسای گەورەمان.

### هەڵبژاردن و بانگەوازی بۆ گەشەکردن

[٣]هێزە خوداییەکەی مەسیح هەموو ئەو شتانەی پێ بەخشیوین کە بۆ ژیان و لەخواترسی پێویستە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ناسینەی کە هەمانە بۆ ئەو خودایەی کە بانگی کردین بۆ شکۆ و چاکییەکەی. [٤]خودا بەهۆی هەموو ئەمانەوە بەڵێنە بەهادار و گەورەکانی پێدایین، تاکو ئێوە بەهۆی ئەم بەڵێنانەوە بتوانن لەو گەندەڵییەی جیهان دەرباز بن کە لە ئارەزووی خراپدایە و بەشدار بن لە سروشتی خودایی.

[٥]هەر لەبەر ئەمەش، تێبکۆشن تاکو لە باوەڕتان چاکە بکەوێتەوە، لە چاکەش، زانیاری، [٦]لە زانیاریش بەسەرخۆدا زاڵبوون، لە بەسەرخۆدا زاڵبوونیش دانبەخۆداگرتن، لە دانبەخۆداگرتنیش لەخواترسی، [٧]لە لەخواترسیش هەست و سۆزی هاوبەش، لە هەست و سۆزی هاوبەشیش خۆشەویستی، [٨]چونکە ئەگەر ئەوانەتان تێدابێت و زیاد بکات، واتان لێدەکات بۆ ناسینی عیسای مەسیحی گەورەمان تەمبەڵ و بێ بەرهەم نەبن. [٩]بەڵام ئەوەی ئەمانەی نەبێت، ئەوا کوێر و کەمبینە، لە یادی چووە کە گوناهە کۆنەکانی پاك بووەتەوە.

[١٠]خوشکان، برایان، هەر بۆیە زیاتریش تێبکۆشن بۆ چەسپاندنی هەڵبژاردن و بانگەوازییەکەتان، چونکە ئەگەر ئەمانەتان کرد ئەوا هەرگیز ناکەون،

---

٢ [a] خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[11]هەروەها پێشوازییەکی گەرمتان لێ دەکرێت بۆ چوونە ناو شانشینی هەتاهەتایی عیسای مەسیحی گەورە و ڕزگارکەرمان.

[12]لەبەر ئەوە بەردەوام دەمەوێ ئەم شتانەتان بەبیر بهێنمەوە، هەرچەندە لەو ڕاستییەی ئێستادا دەزانن و دامەزراون. [13]باوەڕم وایە هەتا لەم جەستەیەدا بم، ئەرکی خۆمە بەبیرتان بهێنمەوە، [14]چونکە دەزانم بە زوویی ئەم جیهانە بەجێدەهێڵم، هەروەک چۆن عیسای مەسیحی گەورەمان بۆی دەرخستم. [15]هەروەها تێدەکۆشم تاکو دوای دەرچوونم هەردەم ئەم شتانەتان وەبیربێتەوە.[a]

## شایەتی نەگۆڕی نێردراوان

[16]کاتێک هاتنی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان و هێزەکەیمان پێ ناساندن، ئێمە بەدوای کۆمەڵە ئەفسانەیەکی زیرەکانەی هەڵبەستراو نەکەوتبووین، بەڵکو شایەتحاڵی پایەبەرزییەتی ئەو بووین. [17]ڕێز و شکۆی لە خودای باوک وەرگرت کاتێک ئەم دەنگەی لە شکۆداری پایەبەرزەوە بۆ هات: «ئەمەیە کوڕی خۆشەویستم، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.»[b] [18]ئێمەش گوێمان لەم دەنگە بوو کە لە ئاسمانەوە هات، کاتێک لە شاخی پیرۆز لەگەڵی بووین.

[19]هەروەها پەیامی پێغەمبەرانمان هەیە کە بە تەواوی پشتی پێ دەبەسترێت، چاک دەکەن کە گرنگی پێ بدەن، هەروەک چۆن گرنگی بەو چرایە دەدەن کە لە شوێنێکی تاریکدا دەدرەوشێتەوە هەتا ئەو کاتەی ڕۆژ دەبێتەوە و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت. [20]لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەمە بزانن، کە هیچ پێشبینییەک لە نووسراوە پیرۆزەکاندا بە لێکدانەوەی خودی پێغەمبەرەکە نەنووسراوە، [21]چونکە هەرگیز پێشبینی بە خواستی مرۆڤ نەهاتووە، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ڕابەرایەتی مرۆڤەکانی کردووە، بۆ ئەوەی پەیامی خودا ڕابگەیەنن.

## مامۆستا درۆزنەکان

٢ بەڵام لەنێو گەلەکەدا پێغەمبەری درۆزن هەبوون، وەک لەنێوان ئێوەشدا مامۆستای درۆزن دەبێت، ئەوانەی بە نهێنی فێرکردنی چەوتی لەناوبەر دەهێننە ناوەوە، تەنانەت نکۆڵی لە مەسیحی باڵادەست دەکەن کە ئەوانی کڕییەوە، لەناوچوونێکی خێرا بەسەر خۆیاندا دەهێنن. [2]زۆر کەسیش بەدوای بەڕەڵاییەکانیان دەکەون، لەبەر ئەوان کفر بە ڕێبازی ڕاستی دەکرێت. [3]ئەو مامۆستایانەی بەهۆی چاوبرسییێتیانەوە، لە ڕێگەی چەند چیرۆکێکی هەڵبەستراوەوە بۆ سوودی خۆیان بەکارتاندەهێنن، تاوانبارکردنیان نزیک بووەتەوە و لەناوچوونیان بەلاوە نەنراوە.

[4]خودا بەزەیی بەو فریشتانەدا نەهاتەوە کە گوناهیان کرد، بەڵکو فڕێیدانە دۆزەخ و لەنێو تاریکیدا بەندی کردن و بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە هەڵیگرتن. [5]هەروەها کە بەزەیی بە جیهانی کۆندا نەهاتەوە کاتێک لافاوی هێنایە سەر جیهانی خراپەکاران، بەڵکو نوحی ڕاگەیەنەری ڕاستودروستی لەگەڵ حەوت کەسی دیکە پاراست. [6]کاتێک شارەکانی سەدۆم و عەمۆرای تاوانبار کرد بە تێکدانی تەواو و ئەوانی کردە خۆڵەمێش، کردنییە پەند بۆ داهاتووی خراپەکاران. [7]کاتێک لۆتی پیاوچاکی دەرباز کرد کە لە بەڕەڵایی بەدکاران بێزار بوو، [8]چونکە ئەو پیاوچاکە کە لەنێویاندا دەژیا، کردەوە خراپەکانیانی دەبینی و دەبیست، ڕۆژ بە ڕۆژ گیانی ڕاستودروستی ئازار دەدرا. [9]ئەگەر وابێت، یەزدان دەزانێت چۆن لەخواترسان لە تاقیکردنەوە دەرباز بکات و خراپەکاران هەتا ڕۆژی لێپرسینەوە لەژێر سزاداندا بهێڵێتەوە، [10]بە تایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە دوای هەوەسی گڵاوی سروشتی دنیایی، سووکایەتی بە دەسەڵات دەکەن.

چاونەترس و کەللەڕەقن، ناترسن لەوەی بوختان

[a] ١٥ مەبەستی ئەوەیە کە بەر لە کۆچکردنی نووسراو بەجێدەهێڵێت، هەروەها بەگوێرەی دەقەکان مزگێنی بەپێی نووسینی مەرقۆس بە سەرپەرشتی پەترۆس نووسراوە.

[b] ١٧ مەتا ١٧:٥ و مەرقۆس ٩:٧ و لۆقا ٩:٣٥.

بە فریشتەکان[a] بکەن، ١١هەرچەندە فریشتەکان
لەوان بە تواناتر و بەهێزترن، بەڵام لەبەردەم یەزداندا
حوکمی بوختانکردنیان بەسەردا نادەن. ١٢بەڵام ئەو
خراپەکارانە کفر لە شتێك دەکەن کە لێی تێناگەن،
ئەوانە وەك ئاژەڵی بەستەزمانن کە لەدایك بوون بۆ
ئەوەی ڕاوبکرێن و بکوژرێن، بە گەندەڵی خۆیان
لەناودەچن.
١٣کرێی خراپەکارییەکانیان وەردەگرن. وا دادەنێن
چێژوەرگرتن لەوەیە کە بە درێژایی ڕۆژ سەڵتەنەت
لێبدەن، ئەوانە لەکە و کەموکوڕی ئێوەن، کاتێك
بەشداری لە خوانەکانتان دەکەن چێژ لە فێڵەکانیان
وەردەگرن. ١٤چاویان پڕە لە داوێنپیسی و لە گوناه
ناوەستن، دەروونە لەرزۆکەکان هەڵدەخەڵەتێنن،
دڵیان بە چاوبرسی ڕاهێنراوە، ئەوانە ڕۆڵەی
نەفرەتن. ١٥لە ڕێگای ڕاستی لایانداوە و چەواشە
کراون، دوای ڕێبازی بەلعامی کوڕی بەعۆر[b] کەوتن،
ئەوەی حەزی لە کرێی خراپەکاری بوو، ١٦بەڵام
سەرزەنشتی سەرپێچییەکەی وەرگرت، گوێدرێژی
بێزمان بە دەنگی مرۆڤانە هاتە دوان و سەرشێتی
ئەو پێغەمبەرەی ڕاگرت.
١٧ئەوانە کانی بێ ئاون، هەورن بە گەردەلوول
دەبردرێن، تاریکی ڕەشی هەمیشەییان بۆ دانراوە،
١٨چونکە کە بە قسەی گەورە و پووچ دەدوێن، بە
ئارەزووەکانی سروشتی دنیایی و بە بەڕەڵایی، ئەوانە
هەڵدەخەڵەتێنن کە تازە هەڵاتوون لە دەست ئەو
کەسانەی لە گومڕاییدا دەژین. ١٩بەڵێنی ئازادییان
پێدەدەن، کەچی خۆیان کۆیلەی گەندەڵین، چونکە
مرۆڤ کۆیلەی هەر شتێکە بەسەریدا زاڵ بێت.
٢٠ئەگەر بەهۆی ناسینی ڕزگارکەرمان عیسای
مەسیحی خاوەن شکۆوە لە گڵاوی جیهان هەڵاتبن،
بەڵام دیسان لەو گڵاوییە بئاڵێنەوە و بەسەریاندا
زاڵ بێت، ئەو کاتە کۆتاییان لە سەرەتایان خراپتر
دەبێت، ٢١چونکە باشتر بوو ڕێگای ڕاستودروستییان
نەناسی بووایە، لەوەی ناسییان و دوایی لەو ڕاسپاردە
پیرۆزەی پێیان درا هەڵگەڕانەوە. ٢٢ئەو پەندە
ڕاستەیان لەسەر دەچەسپێت: ﴿سەگ گەڕایەوە
سەر ڕشانەوەکەی،﴾[c] هەروەها: «بەرازی شوشتراو
گەڕایەوە ناو چڵپاو.»

## ڕۆژی یەزدان

٣ خۆشەویستان، ئەمە دووەمین نامەیە بۆتان
دەنووسم، تێیاندا بە یادتان دەهێنمەوە تاکو
بیری پاکتان بوروژێنم، ٢هەروەها تاکو وتەکانی
پێغەمبەرە پیرۆزەکان بێنەوە یادتان، هەروەها
ڕاسپاردەی مەسیحی خاوەن شکۆ و ڕزگارکەرمان کە
لە ڕێگەی نێردراوانتان دراون.
٣پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە بزانن کە لە
کۆتایی زەمانەدا خەڵکی گاڵتەجاڕ دێن و گاڵتە
دەکەن، دوای ئارەزووە خراپەکانیان دەکەون،
٤دەڵێن: «کوانێ بەڵێنی هاتنەوەی؟ لەو کاتەوەی
باوباپیرانمان مردوون، لە سەرەتای بەدیهێنانەوە
هەموو شتێك وەك خۆیەتی.» ٥بە ئەنقەست ئەوە
پشتگوێ دەخەن کە لە کۆنەوە بە فەرمایشتی خودا
ئاسمان دروست بووە و زەویش لە ئاو و بە ئاوەوە
پەیدابووە. ٦هەروەها بەهۆی ئەم ئاوەشەوە بوو کە
جیهانی ئەو کات ژێر ئاو کەوت و لەناوچوو. ٧بەڵام
زەوی و ئاسمانی ئێستا بە هەمان فەرمایشت بۆ
ئاگر هەڵگیراون، بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە و لەناوچوونی
خراپەکاران پارێزراون.
٨بەڵام خۆشەویستان تەنها ئەم شتەتان لەیاد
نەچێت، ڕۆژێك لەلای یەزدان وەك هەزار ساڵە
و هەزار ساڵیش وەك ڕۆژێکە. ٩یەزدان سەبارەت
بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەك هەندێك بە خاوی
دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس
لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن.
١٠بەڵام هاتنی ڕۆژی یەزدان وەك هاتنی دز وایە،
تێیدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان
توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تێیدایە
نامێنێت.

[a] ١٠ یۆنانی: شکۆداران.
[b] ١٥ بڕوانە سەرژمێری ٢٢:٥-٢٤:٢٥.
[c] ٢٢ پەندەکان ٢٦:١١.

[١١]کە هەموو ئەو شتانە لەناوبچن، ئیتر پێویستە ئێوە چ جۆرە کەسانێك بن؟ دەبێت بە پیرۆزی و لەخواترسی بژین، [١٢]چاوەڕوانی ڕۆژی خودا دەکەن و پەلە لە هاتنی دەکەن، چونکە تێیدا ئاسمان بە ئاگر لەناودەچێت، توخمەکانیش بە سووتان دەتوێنەوە. [١٣]بەڵام بەگوێرەی بەڵێنەکەی ئێمە چاوەڕوانی ئاسمانی نوێ و زەوی نوێین، ڕاستودروستیش تێیدا نیشتەجێیە.

[١٤]خۆشەویستان، کە چاوەڕێی ئەو شتە دەکەن، تێبکۆشن بۆ ئەوەی بێ لەکەیی و بێ گلەیی لە ئاشتیدا لەلای ئەو بدۆزنەوە. [١٥]بزانن کە پشوودرێژی پەروەردگارمان هەلێکە بۆ ڕزگاری، وەك پۆڵسی برای خۆشەویستمان بەگوێرەی ئەو داناییەی خودا پێیداوە بۆی نووسین، [١٦]وەك لە هەموو نامەکانیدا لەبارەی ئەم شتانەوە دواوە، ئەوەی هەندێك شتی تێدایە گرانە بۆ تێگەیشتن، نەزان و نەچەسپاوەکان وەك نووسراوە پیرۆزەکانی دیکە[a] دەیشێوێنن، بۆ لەناوچوونی خۆیان.

[١٧]بۆیە خۆشەویستان، چونکە ئێوە لەپێشدا دەزانن، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك بە خراپەی سەرپێچیکاران چەواشە بن و لە چەسپاوی خۆتان بکەون. [١٨]بەڵکو لە نیعمەت و ناسینی عیسای مەسیحی ڕزگارکەر و گەورەماندا گەشە بکەن. شکۆی ئێستا و هەتاهەتایە بۆ ئەوە. ئامین.

[a] ١٦ مەبەستی ئەوەیە کە نامەکانی پۆڵس وەك تەورات و زەبوورە.

# یەکەم نامەی یۆحەنا

## کورتە باسێك

نووسەری ئەو نامەیە خۆی ناناسێنێ، بەڵام ڕوونە کە یۆحەنای قوتابی عیسا بووە و لەوانەیە لە ئەفەسۆس لە ساڵی (٨٥-٩٠ ز.) نووسیبێتی، لەدوای نووسینی مزگێنی مەسیح. بۆ زانیاری لەسەر کەسایەتی یۆحەنا بڕوانە پێشەکی مزگێنی بەپێی نووسینی یۆحەنا.

لەبەر ئەوەی ئەم نامەیە بێ ناونیشانە و بۆ کڵێسایەکی دیاریکراو نەنووسراوە، بۆیە دەردەکەوێ کە نامەیەکی گشتییە و بۆ هەموو باوەڕدارانە (بڕوانە ١٢:٢-١٤).

یۆحەنا نێردراوی خۆشەویستییە و لەم نامەیەدا هیچ دەقێکی تێدا نییە بەبێ باسکردنی خۆشەویستی. دەڵێ ئەوانەی باوەڕیان بە عیسا هەیە و خودایان خۆشدەوێ دەبێ یەکتریان خۆشبوێ. بە شێوەیەکی گشتیش نامەکە دوو مەبەستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

١. سەلماندنی ڕاستی سروشتی مەسیح، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ مامۆستایانی درۆزن. «ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی لەبارەی ئەوانەی هەوڵ دەدەن چەواشەتان بکەن.» (٢٦:٢).

٢. دڵنیاکردنەوە لەسەر ژیانی هەتاهەتایی. «ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی هەتاهەتاییتان هەیە.» (١٣:٥).

ئەم نامەیە بۆ چەند بەشێك دابەش دەکرێت:

١. پێکەوە ژیان لەگەڵ باوك و کوڕ (١:٥-٢:٢٩).

٢. ژیانی باوەڕدار و ژیانی ڕۆڵەی خودا (٣:١-٢٤).

٣. ڕاستی و چەوتی ڕۆحەکان (٤:١-٦).

٤. ژیانی باوەڕدار و ئەرکی خۆشەویستی (٤:٧-٢١).

٥. ژیانی باوەڕدار و سەرکەوتوویی باوەڕەکەی (٥:١-١٢).

٦. ژیانی باوەڕدار و دڵنیایی لە ژیان (٥:١٣-٢١).

١ ئێمە ئەمە ڕادەگەیەنین سەبارەت بە وشەی[a] ژیان، ئەوەی لە سەرەتاوە بوو، ئەوەی گوێمان لێی بوو، ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیمان، ئەوەی تەماشامان کرد و دەستمان لێیدا. [2]ژیانەکە دەرکەوت، ئێمە بینیومانە و شایەتی بۆ دەدەین، ژیانە هەتاهەتاییەکەتان بۆ ڕادەگەیەنین، ئەو ژیانەی کە لەلای باوکی ئاسمانی بوو و بۆ ئێمە دەرکەوت. [3]ئەوەی بینیومانە و بیستوومانە بە ئێوەی ڕادەگەیەنین، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتر بژین، پێکەوە ژیانی ئێمەش پەیوەستە لەگەڵ باوکی ئاسمانی و عیسای مەسیحی کوڕی. [4]ئێمە ئەمانەتان بۆ دەنووسین تاکو خۆشییەکەمان پڕ و تەواو بێت.

### خودا ڕووناکییە

[5]ئەمەش ئەو پەیامەیە کە لە مەسیحەوە بیستمان و پێتانی ڕادەگەیەنین: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. [6]ئەگەر بڵێین پێکەوە ژیانمان لەگەڵی هەیە و بە تاریکیدا بڕۆین، ئەوا درۆ دەکەین و ڕاست ناکەین، [7]بەڵام ئەگەر بە ڕووناکیدا بڕۆین، هەروەك چۆن خودا لە ڕووناکیدایە، ئەوا لەگەڵ یەکتری پێکەوە دەژین و خوێنی عیسای کوڕی لە هەموو گوناهێك پاکمان دەکاتەوە.

[8]ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان

[a] ١ وشە: لە زمانی یۆنانی پێی دەگوترێت لۆگۆس کە واتایەکی فراوانی هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو پەیامەیە کە ژیان دەبەخشێت. بڕوانە ئینجیلی یۆحەنا ١:١.

هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە. ٩ئەگەر
دانمان بە گوناهەکانماندا نا، ئەوا خودا دڵسۆز و
دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت
و لە هەموو ناڕەواییەك پاکمان دەکاتەوە. ١٠ئەگەر
بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا بە درۆزنی دادەنێین
و پەیامەکەی لە ئێمەدا نییە.

## مەسیح داکۆکیکارمانە

٢ ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، ئەمانەتان بۆ
دەنووسم تاکو گوناه نەکەن. بەڵام ئەگەر
یەکێك گوناهی کرد، ئەوا لەلای باوك داکۆکیکارمان[a]
هەیە کە عیسای مەسیحی ڕاستودروستە. ٢ئەو
کەفارەتی[b] گوناهەکانمانە، نەك تەنها هی ئێمە،
بەڵکو گوناهەکانی هەموو جیهان.
٣بەمەدا دەزانین کە ئەومان ناسیوە، ئەگەر کار
بە ڕاسپاردەکانی بکەین. ٤ئەوەی گوتی: «ناسیومە»
بەڵام ڕاسپاردەکانی بەجێنەگەیەنێت، ئەوا درۆزنە و
ڕاستی لەودا نییە. ٥بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی پەیامی
خودا بێت، ئەوا بە ڕاستی خۆشەویستی خودا لەو
کەسەدا تەواوە. بەمەدا دەزانین کە ئێمە بە یەکبوون
لەگەڵ مەسیح دەژین: ٦هەرکەسێك بڵێت: «من
بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح دەژیم» دەبێت بەو
شێوەیەی بژیێت کە عیسا ژیاوە.

## خۆشەویستی ڕاستودروست

٧خۆشەویستان، ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ
نانووسم، بەڵکو ڕاسپاردەیەکی کۆن کە هەر لە
سەرەتاوە هەتانبوو. ڕاسپاردە کۆنەکە ئەو پەیامەیە
کە لە سەرەتادا گوێتان لێی بوو. ٨لەگەڵ ئەوەشدا
ڕاسپاردەیەکی نوێتان بۆ دەنووسم، ئەو ڕاستییەی
کە لە مەسیح و ئێوەدا هەیە، چونکە تاریکی
بەسەردەچێت، وا ڕووناکییە ڕاستەقینەکە پڕشنگ
دەداتەوە.
٩ئەوەی گوتی: «من لە ڕووناکیدام» و ڕقی لە
خوشکی یان لە براکەی بێتەوە، ئەوە هەتا ئێستا
لە تاریکیدایە. ١٠هەرکەسێك خوشکی یان براکەی
خۆشبوێ لە ڕووناکیدا دەژیێت و هیچ شتێك تێدا
نییە کە بۆی ببێتە کۆسپ. ١١بەڵام ئەوەی ڕقی لە
برای خۆی بێتەوە، لە تاریکیدایە و بە تاریکیدا
دەڕوات، نازانێت بۆ کوێ مل دەنێت، چونکە تاریکی
چاوی کوێر کردووە.

١٢ئەی ڕۆڵە خۆشەویستەکان، بۆ ئێوە دەنووسم
چونکە لەبەر ناوی ئەو گوناهەکانتان بەخشرا.
١٣ئەی باوکان، بۆ ئێوە دەنووسم
چونکە ئەوە دەناسن کە لە سەرەتاوەیە.
ئەی لاوان، بۆ ئێوە دەنووسم
چونکە بەسەر شەیتاندا زاڵ بوون.

١٤ئەی ڕۆڵە خۆشەویستەکان، بۆ ئێوەم نووسی
چونکە خودای باوك دەناسن.
ئەی باوکان، بۆ ئێوەم نووسی
چونکە ئەوە دەناسن کە لە سەرەتاوەیە.
ئەی لاوان، بۆ ئێوەم نووسی
چونکە بەهێزن،
پەیامی خوداتان تێدا چەسپاوە و
بەسەر شەیتاندا زاڵ بوون.

١٥نە جیهانتان خۆشبوێت، نە ئەو شتانەی لە
جیهاندایە. ئەگەر یەکێك جیهانی خۆشبوێ، ئەوا
خۆشەویستی باوکی تێدا نییە. ١٦لەبەر ئەوەی
هەموو ئەو شتانەی لە جیهاندایە، ئارەزووی جەستە
و ئارەزووی چاو و سەڵتەنەتی ژیانە، ئەمانەش
لە باوکەوە نین، بەڵکو لە جیهانەوەن. ١٧جیهان و
ئارەزووەکانی بەسەردەچن، بەڵام ئەوەی بە خواستی
خودا جێبەجێ دەکات بۆ هەتاهەتایە دەژیێت.

## ئاگاداری دژە مەسیحەکان بن

١٨ڕۆڵەکان ئەمە دوا کاتژمێرە. وەك بیستووتانە
دژە مەسیح دێت، ئێستاش زۆر دژە مەسیح هاتوون،
بەمە دەزانین دوا کاتژمێرە. ١٩ئەوان لێمان جیا
بوونەوە، بەڵام بەڕاستی سەر بە ئێمە نەبوون، چونکە

[a] ١ هەمان وشەیە لە یۆحەنا ١٤:١٦دا هاتووە بە (یارمەتیدەر).
[b] ٢ ئەم قوربانییەیە کە تووڕەیی خودا لادەدات.

ئەگەر سەر بە ئێمە بوونایە، لەگەڵمان دەمانەوە، بەڵام چوون بۆ ئەوەی دەریبخەن کە کەسیان سەر بە ئێمە نین.
[٢٠] بەڵام مەسیحی پیرۆز بە ڕۆحی خۆی دەستنیشانی کردن[a] و هەمووتان ڕاستی دەزانن.
[٢١] من ئەمەتان بۆ نانووسم لەبەر ئەوەی کە ڕاستی نازانن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕاستی دەزانن و دەشزانن کە هیچ درۆیەك لە ڕاستییەکەوە نایەت. [٢٢] کێ درۆزنە؟ ئەوەی نکۆڵی بکات کە عیسا مەسیحەکەیە. ئەمە دژە مەسیحە، نکۆڵی لە باوك و کوڕەکە دەکات.
[٢٣] هەرکەسێك نکۆڵی لە کوڕەکە بکات باوکی نابێت، ئەوەش دان بە کوڕەکەدا بنێت باوکی دەبێت.
[٢٤] پەیوەست بن بەوەی لە سەرەتادا بیستتان. ئەگەر بەمەوە پەیوەست بن، ئەوا بە کوڕەکە و باوکەوە پەیوەست دەبن. [٢٥] ئەمەیە ئەو بەڵێنەی ئەو پێیداوین، ژیانی هەتاهەتایی.
[٢٦] ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی لەبارەی ئەوانەی هەوڵ دەدەن چەواشەتان بکەن. [٢٧] بەڵام ئێوە ئەو دەستنیشانکردنەی کە لە مەسیحتان وەرگرتووە بە ئێوەوە پەیوەست بووە، لەبەر ئەوە پێویستتان بە مرۆڤ نییە فێرتان بکات، بەڵکو ڕۆحی پیرۆز ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات. ئەم دەستنیشانکردنە ڕاستە و درۆ نییە، بۆیە پەیوەست بن بە مەسیحەوە وەك ڕۆحی پیرۆز فێری کردوون[b].
[٢٨] ئێستا ڕۆڵە خۆشەویستەکان، بە یەکبوون لەگەڵ مەسیح پەیوەست بن تاکو کاتێك ئەو دەردەکەوێت متمانەمان هەبێت و لە هاتنەوەکەی شەرمی لێ نەکەین.
[٢٩] ئەگەر بزانن ئەو ڕاستودروستە، دەزانن کە هەرکەسێك ڕاستودروستی پەیڕەو بکات لە ئەوەوە لەدایك بووە.

## ئێمە ڕۆڵەی خوداین

٣ تەماشا بکەن باوك چ خۆشەویستییەکی پێداوین، تاکو پێمان بگوترێت ڕۆڵەی خودا! ئێمەش ئاواین! بۆیە جیهان ناماننناسێت، چونکە ئەوی نەناسیوە. [٢] خۆشەویستان، ئێستا ڕۆڵەی خوداین و هێشتا دەرنەکەوتووە دەبینە چی. بەڵام دەزانین کاتێك ئەو دەردەکەوێت ئێمە وەك ئەو دەبین، چونکە وەك خۆی دەیبینین. [٣] هەرکەسێك ئەم هیوایەی بەو هەبێت، خۆی پاك دەکاتەوە، هەروەك چۆن ئەو پاکە.
[٤] هەرکەسێك گوناه بکات سەرپێچی دەکات، چونکە گوناه سەرپێچییە. [٥] دەزانن ئەو دەرکەوت تاکو گوناهەکان لاببات. ئەو خۆی بێ گوناهە.
[٦] هەرکەسێك بە یەکگرتوویی لەگەڵ مەسیح بژیێت لە گوناهکردن بەردەوام نابێت. هەرکەسێك بە بەردەوامی گوناه بکات نە ئەوی بینیوە و نە ئەویشی ناسیوە.
[٧] ڕۆڵە خۆشەویستەکان، با کەس چەواشەتان نەکات. ئەوەی ڕاستودروستی پەیڕەو بکات ڕاستودروستە، وەك ئەویش ڕاستودروستە. [٨] ئەوەی گوناه بکات لە ئیبلیسە، چونکە ئیبلیس هەر لە سەرەتاوە گوناهی کردووە. کوڕی خودا بۆ ئەمە دەرکەوت، تاکو کارەکانی ئیبلیس تێکبدات.
[٩] هەرکەسێك لە خوداوە لەدایك بوویێت بەردەوام نابێت لە گوناه کردن، چونکە تۆوی خودای تێدا دەچەسپێت. ناتوانێت بەردەوام بێت لە گوناه کردن، لەبەر ئەوەی لە خوداوە لەدایك بووە.
[١٠] ڕۆڵەی خودا و ڕۆڵەی ئیبلیس بەمە دەردەکەون: هەرکەسێك ڕاستودروستی پەیڕەو نەکات لە خوداوە نییە، هەروەك ئەوەی خوشکی یان برای خۆی خۆشنەوێت، [١١] چونکە ئەمە ئەم پەیامەیە کە لە سەرەتادا بیستتان، کە یەکترمان خۆشبوێ.

## خۆشەویستی یەکتری

[١٢] وەك قابیل مەبن، کە سەر بە شەیتان بوو و هابیلی برای خۆی کوشت. بۆچی کوشتی؟

---
[a] ٢٠ یۆنانی: ئێوەش لەلایەن پیرۆزەکەوە دەستنیشانکردنتان هەیە. بڕوانە لۆقا ٤:١٨.
[b] ٢٧ بڕوانە یۆحەنا ٤:١٥.

چونکە کارەکانی ئەو خراپ بوون و هی براکەی
ڕاستودروست. ١٣خوشکان، برایان، لاتان سەیر
نەبێت ئەگەر جیهان ڕقی لێتان بێتەوە. ١٤دەزانین
لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراینەوە، چونکە برایانمان
خۆشدەوێت. ئەوەی خۆشەویستی نەبێت لە مردندا
دەمێنێتەوە. ١٥هەرکەسێك ڕقی لە خوشکی یان
براکەی ببێتەوە بکوژە، دەزانن هیچ بکوژێك لە
ژیانی هەتاهەتاییدا نامێنێتەوە.

١٦بەمە خۆشەویستیمان زانی: عیسای مەسیح
ژیانی خۆی بۆ ئێمە دانا. ئێمەش دەبێت ژیانی
خۆمان بۆ خوشك و براکانمان دابنێین. ١٧ئەوەی
ماڵی دنیای هەبێت و خوشکی یان براکەی خۆی بە
نەداری بینی و دڵی لێی ڕەقکرد، چۆن خۆشەویستی
خودای تێدا دەمێنێتەوە؟ ١٨ڕۆڵە خۆشەویستەکان، با
هەر بە وشە و زمان خۆشەویستی نەکەین، بەڵکو
بە کردار و بە ڕاستی. ١٩بەمە دەزانین کە سەر بە
ڕاستیین، هەروەها چۆن دڵمان ئاسوودە دەبێت
لە ئامادەبوونی ئەو: ٢٠کاتێك دڵمان سەرکۆنەمان
دەکات، خودا لە دڵمان گەورەترە و هەموو شتێك
دەزانێت.

٢١خۆشەویستان، ئەگەر دڵمان سەرکۆنەمان
نەکات، ئەوا لەبەردەم خودا دڵنیا دەبین،
٢٢هەرچییەکی لێ داوا بکەین لێی وەردەگرین،
چونکە ڕاسپاردەکانی بەجێدەگەیەنین و ئەوە
دەکەین کە بەدڵیەتی. ٢٣ئەمەش ڕاسپاردەکەیەتی:
باوەڕمان بە ناوی عیسای مەسیحی کوڕەکەی
هەبێت و یەکتریمان خۆشبوێ، وەك ڕایسپاردووین.
٢٤ئەگەر یەکێك ڕاسپاردەکانی خودا بەجێبگەیەنێت،
ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژیێت، هەروەها
خوداش بە یەکگرتوویی لەگەڵ ئەو کەسە دەژیێت.
بەمەش دەزانین خودا بە یەکگرتوویی لەگەڵمان
دەژیێت، بەو ڕۆحەی کە پێیداوین.

## تاقیکردنەوەی ڕۆحەکان

٤ خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێك مەکەن،
بەڵکو ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە
خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن بە جیهاندا
بڵاوبوونەتەوە. ٢ڕۆحی خودا بەمە دەناسنەوە:
هەر ڕۆحێك دان بەوەدا بنێت کە عیسای مەسیح
لە جەستەدا هاتووە، ئەوا ئەو ڕۆحە لە خوداوەیە،
٣بەڵام هەر ڕۆحێکیش دان بە عیسادا نەبێت، ئەوا
ئەو ڕۆحە لە خوداوە نییە. ئەو ڕۆحە دژە مەسیحە
کە بیستووتانە دێت و ئێستا وا لە جیهاندایە.

٤ڕۆڵە خۆشەویستەکان، ئێوە لە خوداوەن و
بەسەر ئەو پێغەمبەرە درۆزنانەدا زاڵ بوون، چونکە
ڕۆحی خودا ئەوەی لە ئێوەدایە گەورەترە لە ڕۆحی
شەیتان ئەوەی لە جیهاندایە. ٥ئەوان سەر بە جیهانن،
هەر بۆیە ئەوەی دەیڵێن لە جیهانەوەیە و جیهان
گوێیان لێ دەگرێت. ٦ئێمە لە خوداوەین و ئەوەی
خودا بناسێت گوێمان لێ دەگرێت، بەڵام ئەوەی لە
خوداوە نەبێت گوێمان لێ ناگرێت. ڕۆحی ڕاستی و
ڕۆحی چەواشە بەمە دەناسین.

## خودا خۆشەویستییە

٧خۆشەویستان، با یەکتریمان خۆشبوێ، چونکە
خۆشەویستی لە خوداوەیە و ئەوەی کەسانی
دیکەی خۆشدەوێت لە خوداوە لەدایك بووە و خودا
دەناسێت. ٨ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشنەوێت
خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە. ٩بەم
شێوەیە خۆشەویستی خودا لەنێوانماندا دەرکەوت:
خودا کوڕە تاقانەکەی خۆی ناردە جیهان تاکو
بەهۆیەوە بژین. ١٠خۆشەویستی لەمەدایە: نەك
ئێمە خودامان خۆشویست، بەڵکو ئەو خۆشیویستین
و کوڕەکەی بۆ کەفارەتی[a] گوناهەکانمان نارد.
١١خۆشەویستان، ئەگەر خودا بەم شێوەیە
خۆشیویستین، پێویستە لەسەرمان یەکتریمان
خۆشبوێ. ١٢هەرگیز کەس خودای نەبینیوە. ئەگەر
یەکتریمان خۆشبوێ، ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ
خودا دەژین و خۆشەویستییەکەی لە ناخماندا
تەواوە.

١٣بەم شێوەیە دەزانین کە ئێمە بە یەکگرتوویی

[a] ١٠ ئەم قوربانییەیە کە تووڕەیی خودا لادەدات.

لەگەڵ خودا دەژین و خوداش لەگەڵ ئێمە دەژییێت، ئەو لە ڕۆحی خۆی پێداوین. [١٤] ئێمەش بینیمان و شایەتی دەدەین کە باوك کوڕی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕزگارکەری جیهان. [١٥] هەرکەسێك دانی پێدا بنێت کە عیسا کوڕی خودایە، ئەوا خودا بە یەکگرتوویی لەگەڵ ئەو کەسەدا دەژییێت، ئەویش بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژییێت. [١٦] ئێمەش ئەو خۆشەویستییەی خودا کە بۆ ئێمەیە ناسیمان و باوەڕمان پێکرد.

خودا خۆشەویستییە. ئەوەی لە خۆشەویستیدا دەژییێت، ئەوا بە یەکگرتوویی لەگەڵ خودا دەژییێت، خوداش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەودا دەژییێت. [١٧] بەم شێوەیە خۆشەویستی لە نێوماندا گەیشتووەتە تەواوەتی تاکو لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا دڵنیا بین، چونکە ئێمەش لەم جیهانەدا وەك عیسا دەبین. [١٨] خۆشەویستی ترسی تێدا نییە، بەڵکو خۆشەویستی تەواو ترس دەردەکاتە دەرەوە، چونکە ترس لە سزاوە دێت. ئەوەی بترسێت لە خۆشەویستیدا تەواو نەبووە.

[١٩] خۆشماندەوێت، چونکە یەکەم جار ئەو خۆشیویستووین. [٢٠] ئەگەر یەکێك گوتی: «خودام خۆشدەوێت» و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە، چونکە ئەوەی خوشك و برای خۆی خۆشنەوێت کە بینیویەتی، ناتوانێت خودای خۆشبوێ کە نەیبینیوە. [٢١] لە ئەوەوە ئەم ڕاسپاردەیەمان دراوەتێ: ئەوەی خودای خۆشبوێ، با خوشکەکە و براکەشی خۆشبوێ.

## باوەڕهێنان بە مەسیح

٥ هەرکەسێك باوەڕی بەوە هەبێت کە عیسا مەسیحە، ئەوە لە خوداوە لەدایك بووە. هەرکەسێك باوکی خۆشبوێ، ئەوەشی خۆشدەوێت کە لێی لەدایك بووە. [٢] بەم شێوەیە دەزانین ڕۆڵەکانی خودامان خۆشدەوێت: کە خودامان خۆشبوێت و ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنین. [٣] ئەمە خۆشەویستی خودایە، ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنن، ڕاسپاردەکانیشی قورس نین، [٤] چونکە هەرکەسێك لە خوداوە لەدایك بووبێت جیهان دەبەزێنێت، ئەمەش ئەو سەرکەوتنەیە کە جیهان دەبەزێنێت، باوەڕمانە. [٥] کێیە جیهان دەبەزێنێت؟ تەنها ئەو کەسەی باوەڕی هەیە کە عیسا کوڕی خودایە.

[٦] ئەمە ئەوەیە کە بە ئاو و خوێن هاتووە، عیسای مەسیح، نەك تەنها بە ئاو، بەڵکو بە ئاو و بە خوێن. ڕۆحی پیرۆزیش شایەتی دەدات، چونکە ڕۆحەکە ڕاستییە. [٧] ئەوانەی شایەتی دەدەن سێیانن: [٨] ڕۆح و ئاو و خوێن، ئەم سێ شایەتە هەمان شایەتی دەدەن. [٩] ئەگەر ئێمە شایەتی مرۆڤ لەلامان قبوڵ بێت، شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی خودایە سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی. [١٠] ئەوەی باوەڕ بە کوڕی خودا بهێنێت ئەم شایەتییە لە خۆیدا هەیە. ئەوەی باوەڕ بە خودا نەکات خودا بە درۆزن دادەنێت، چونکە باوەڕ بەو شایەتییە ناکات کە خودا سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی. [١١] ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی هەتاهەتایی پێداوین و ئەو ژیانەش لە کوڕەکەیدایە. [١٢] ئەوەی کوڕەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوڕی خودای نەبێت، ژیانیشی نابێت.

## دڵنیایی ژیانی هەتاهەتایی

[١٣] ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی هەتاهەتاییتان هەیە. [١٤] ئەمەش ئەو متمانەیە کە بەومان هەیە، ئەگەر بەگوێرەی ویستی خۆی داوای شتێك بکەین، گوێمان لێ دەگرێت. [١٥] ئەگەر بزانین گوێمان لێ دەگرێت، هەرچییەك داوا بکەین دەزانین ئەوەی لە ئەومان داوا کردووە هەمانە.

[١٦] ئەگەر کەسێك خوشك یان برایەکی لە کاتی ئەنجامدانی گوناهێکدا بینی کە بەرەو مردنی نەبات[a]، پێویستە لەسەری لە خودا بۆی بپاڕێتەوە، خوداش ژیانی دەداتێ. مەبەستم ئەوانەی گوناه

[a] ١٦ ئەو گوناهەی کە مرۆڤ لە ژیانی هەتاهەتایی دادەبڕێت، بڕوانە مەتا ٣٢:١٢

دەکەن بەرەو مردن نییە. گوناه هەیە بەرەو مردنە،[a]
بۆ ئەمە نالێم داوا بکرێت.[b] [١٧]هەموو ناڕەواییەك
گوناهە بەڵام گوناهیش هەیە بەرەو مردن نییە.
[١٨]دەزانین هەرکەسێك لە خوداوە لەدایك بووبێت
بەردەوام نابێت لە گوناه کردن، بەڵکو ئەوەی لە
خوداوە لەدایك بووە خۆی دەپارێزێت و شەیتان
دەستی لێ نادات. [١٩]دەزانین لە خوداوەین و هەموو
جیهان لەژێر دەستی شەیتاندا دانراوە. [٢٠]هەروەها
دەزانین کە کوڕی خودا هات و چاوی کردینەوە تاکو
ئەو بناسین کە ڕاستییە. ئێمەش بە یەکبوون لەگەڵ
ڕاستیداین، ئەویش عیسای مەسیحی کوڕی خۆیەوە.
ئەو خودای ڕاستەقینە و ژیانی هەتاهەتاییە.
[٢١]ڕۆڵە خۆشەویستەکان، خۆتان لە بت بپارێزن.

---

[a] ١٦ هەندێك گوناه کە بە ئەنقەست دەکرێن مرۆڤ بەرەو گومڕایی و مردنی ڕۆحییانە دەبات.
[b] ١٦ بڕوانە مەتا ١٢:٣١،٣٢.

# دووەم نامەی یۆحەنا

## کورتە باسێك

یۆحەنای قوتابی و نێردراو لە دەوروبەری ساڵی (٩٠ ز.) کە نزیکە لە هەمان کاتی نووسینی نامەی یەکەمی لە ئەفەسۆسەوە ئەم نامەیە بۆ کڵێسایەك دەنووسێت، کە وەك خانمێك ناوزەندی دەکات.

لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا مزگێنیدەران و مامۆستایانی گەڕۆك لە شار و وڵاتان دەگەڕان مژدەی مەسیحیان ڕادەگەیاند. لەناو باوەڕداران بووە نەریت کە لە ماڵەکانیان پێشوازییان لێ بکەن و یارمەتی ماددییان بدەن. کەسانێکی مشەخۆر ئەو هەلەیان قۆزتبووەوە، وەك مامۆستا خۆیان دەناساند و زانیارییەکی فراوانیشیان هەبووە، فێرکردنی هەڵەشیان بڵاو دەکردەوە. ئەم نامەیە لە پێناوی ئەوە نووسراوە کە باوەڕداران بتوانن ئەم جۆرە مامۆستایە درۆزنانە بناسنەوە و جیایان بکەنەوە. سەبارەت بە فێرکردنە ڕاستەقینەکە فەرمانیان پێ دەکات: «ئەگەر یەکێك هاتە لاتان و ئەو فێرکردنەی نەهێنا، لە ماڵەکەتان وەریمەگرنەوە و سڵاوی لێ مەکەن.» (١:١٠).

مەبەستی گشتی لەم نامەیە ئەوەیە کە باوەڕداران بە ڕێگای ڕاستی هەڵسوکەوت بکەن، وەك دەڵێ: «زۆر دڵخۆش بووم کە بینیم هەندێك لە منداڵەکانت بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆن، وەك باوك ڕایسپاردین.» (١:٤).

١لە پیرەکەوە[a]،

بۆ خانمی هەڵبژێردراو و بۆ منداڵانیشی
کە لە ڕاستیدا خۆشمدەوێن، نەك تەنها من،
بەڵکو هەموو ئەوانەی ڕاستی دەناسن، ٢لەبەر
ئەو ڕاستییەی تیاماندا نیشتەجێ دەبێت و
هەتاهەتایە لەگەڵمان دەبێت:

٣با نیعمەت[b] و بەزەیی و ئاشتیمان لەگەڵ لە خودای باوك و عیسای مەسیحی کوڕی باوکەوە، بە ڕاستی و خۆشەویستییەوە.

## ڕاستی و خۆشەویستی

٤زۆر دڵخۆش بووم کە بینیم هەندێك لە منداڵەکانت بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆن، وەك باوك ڕایسپاردین. ٥ئێستاش ئەی خانم، ڕاسپاردەیەکی نوێت بۆ نانووسم، بەڵکو ئەوەی لە سەرەتاوە هەمانبووە: داوات لێ دەکەم، با یەکتریمان خۆشبوێ. ٦خۆشەویستی ئەمەیە: بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی خودا بڕۆین. هەروەك لە سەرەتادا گوێتان لێی بووە، ڕاسپاردەکە ئەمەیە، کە بە خۆشەویستی هەڵسوکەوت بکەن.

## ئاگاداری گومڕاییکاران بن

٧چەواشەکاری زۆر بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و دان بەوەدا نانێن کە عیسای مەسیح بە جەستە هاتووە. ئەمانە چەواشەکار و دژە مەسیحن. ٨ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك ئەوە لەدەستبدەن کە کارمان بۆ کردووە، بەڵکو پاداشتی تەواو وەربگرن. ٩هەرکەسێك پێش بکەوێت و لە فێرکردنی مەسیح بەردەوام نەبێت، بێبەرییە لە خودا. ئەوەی لە فێرکردنەکە بەردەوام بێت، هەم باوکی ئاسمانی و هەم کوڕەکەی هەیە. ١٠ئەگەر یەکێك هاتە لاتان و ئەو فێرکردنەی نەهێنا، لە ماڵەکەتان وەریمەگرنەوە و سڵاوی لێ مەکەن، ١١چونکە ئەوەی سڵاوی لێ بکات، لە بەدکارییەکانیدا بەشدار دەبێت.

## کۆتایی

١٢زۆر شتم هەیە بۆتانی بنووسم، بەڵام نامەوێت بە مەرەکەب و کاغەز بێت، بەڵکو ئومێدەوارم لەگەڵتان بم و ڕووبەڕوو بدوێین، تاکو تەواو دڵخۆش بین.

[a] ١:١ مەبەست لە یۆحەنایە.

[b] ١:٣ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[١٣]منداڵانی خوشکە هەڵبژێردراوەکەت[a] سڵاوت
لێدەکەن.

[a] ١٣:١ مەبەست لە باوەڕدارانی کڵێسای ئەفەسۆسە. بڕوانە پێشەکی پەڕتووکەکە و ئایەتی یەك.

# سێیەم نامەی یۆحەنا

### کورتە باسێک

یۆحەنای نێردراو ئەم نامەیە بە تایبەتی بۆ گایۆس دەنووسێت کە یەکێک بووە لە ئەندامانی کڵێساکانی ئاسیای بچووک.

هەندێک مامۆستای گەڕۆک لەلایەن یۆحەناوە دەنێردرێنە ئاسیا (بڕوانە پێشەکی دووەم نامەی یۆحەنا). لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی دیۆتریفس دەردەکرێن، کە زۆر بە تاکڕەوانە هەڵسوکەوتی کردووە و دژایەتیی پێشوازیکردنی مامۆستایانی کردووە لەلایەن باوەڕدارانەوە. یۆحەنا ئەم نامەیە بۆ گایۆس دەنووسێ بۆ سوپاسکردن و هاندانی سەبارەت بە پێشوازیکردنی لە مامۆستایان (٥-٦).

مەبەستی گشتی لەم نامەیە ئەوەیە کە باوەڕداران بە ڕێگای ڕاستی هەڵسوکەوت بکەن، وەک دەڵێ: «خۆشی لەمە گەورەترم نییە کە گوێم لێ بێت منداڵانم بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆن.» (٤:١).

### هەڵسوکەوت لە ڕاستی

١ لە پیرەکەوە[a]،
بۆ گایۆسی خۆشەویست کە لە ڕاستیدا خۆشم
دەوێت.
٢ ئەی خۆشەویست، نوێژ دەکەم کە لە هەموو
شتێکدا سەرکەوتوو بیت و تەندروستیت باش بێت،
هەروەک دەروونت سەرکەوتووە. ٣ زۆر دڵخۆش بووم
بەوەی چەند برایەک هاتن و شایەتی دڵسۆزی تۆیان
بۆ ڕاستی دا، هەروەک بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆیت.
٤ خۆشی لەمە گەورەترم نییە کە گوێم لێ بێت
منداڵانم بەگوێرەی ڕاستی دەڕۆن.
٥ خۆشەویست، تۆ بە دڵسۆزییەوە هەموو شتێک
بۆ خوشکان و برایان دەکەیت، بە تایبەتی بۆ
نامۆکان. ٦ ئەوانەی لەبەردەم کڵێسا شایەتییان لەسەر
خۆشەویستی تۆ داوە، ئەوانەی باش دەکەیت کە
بەو شێوەیە بە شایستەیی خودا بەڕێیان دەکەیت،
٧ چونکە ئەوانە لەبەر ناوی مەسیح هاتوون و هیچ
شتێکیان لە بێباوەڕان وەرنەگرتووە. ٨ بۆیە پێویستە
پێشوازی لە کەسانی وەک ئەوانە بکەین تاکو
بەیەکەوە کار بۆ ڕاستی بکەین.
٩ بۆ کڵێسام نووسیوە، بەڵام دیۆتریفس کە
دەیەوێت لەنێوانیاندا ببێتە یەکەم، پێشوازیمان
ناکات. ١٠ بۆیە ئەگەر هاتم، کردەوەکانی و ئەو
غەیبەتانەی کە سەبارەت بە ئێمەی گوتووە
دەیخەمەوە یادی. هەروەها بەوەشەوە نەوەستاوە،
بەڵکو نایەوێت پێشوازی لە خوشکان و برایان بکات
و هەر یەکێک بییەوێت پێشوازییان لێ بکات، ڕێی
لێ دەگرێت و لە کڵێسا دەریدەکات.

### دوای خراپە مەکەوە بەڵکو چاکە

١١ خۆشەویستم، لاسایی خراپە مەکەوە بەڵکو
چاکە. ئەوەی چاکە بکات لە خوداوەیە، ئەوەش
خراپە بکات، خودای نەبینیوە[b]. ١٢ دیمیتریۆس
لەلایەن هەموو کەسێک و لەلایەن ڕاستیشەوە
شایەتی بۆ دراوە. ئێمەش شایەتی دەدەین، ئێوەش
دەزانن شایەتی ئێمە ڕاستە. ١٣ زۆرم هەبوو بۆتی
بنووسم، بەڵام نامەوێت بە قەڵەم و مەرەکەب بێت.
١٤ بەڵکو ئومێدەوارم بەم زووانە بتبینم تاکو ڕووبەڕوو
قسە بکەین.

١٥ سڵاوت لێ بێت. برادەران سڵاوت لێدەکەن. بە
ناوەکانیان سڵاو لە برادەران بکە.

---

[a] ١:١ مەبەست لە یۆحەنایە.

[b] ١١:١ مەبەستی ئەوەیە کە خودای نەناسیوە.

# نامەی یەهوزا

## کورتە باسێك

هەرچەندە برای مەسیحە لە مریەمی دایکییەوە (بڕوانە مەتا ٥٥:١٣ و مەرقۆس ١:٣)، بەڵام یەهوزا خۆی بە برای یاقوب دەناسێنێ، کە کەسایەتییەکی گەورە بووە لەناو کڵێسادا (بڕوانە نامەی یاقوب). خۆی لە نێردراوەکان جیا دەکاتەوە و ڕێزی زیاتر لەوان دەگرێت.

یەهوزا نزیکەی ساڵی (٦٥ ز.) ئەم نامەیە بۆ باوەڕداران بە گشتی دەنووسێت.

حەزی دەکرد سەبارەت بە ڕزگاری بنووسێ، بەڵام بابەتێکی لەوە گرنگتری وروژاند سەبارەت بە چەند بیرێکی چەواشەکار و لەڕێ لادەر بۆ نیعمەتی خودا، کە بەڕەڵایی لێدەکەوێتەوە. «هەرچەندە زۆر بە پەرۆش بووم تاکو لەبارەی ڕزگاریی هاوبەشمانەوە بۆتان بنووسم، بەڵام... تێبکۆشن بۆ ئەو باوەڕەی کە تەنها جارێك دراوەتە دەست گەلی پیرۆزی خودا.» (٣:١). یەهوزا بە پێناساندنی نیعمەتی ڕاستەقینەی خودا، باوەڕداران هاندەدا بۆ دژایەتیکردنی فێرکردنی مامۆستایانی درۆزن. دەکرێ ئەم نامەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:

١. هۆیەکانی نووسینی ئەم نامەیە (٣-٤).
٢. نموونەی مامۆستایانی درۆزنی سزادراو (٥-٧).
٣. ئاگادارکردنەوە لە دژی مامۆستایانی درۆزن (٨-١٦).
٤. هاندان بۆ بنیادنانی باوەڕداران (١٤-٢٤).

١لە یەهوزاوە، بەندەی عیسای مەسیح و برای
یاقوب،
بۆ بانگکراوەکان، ئەوانەی خودای باوك خۆشی
دەوێن و بەهۆی عیسای مەسیحەوە پارێزراون:
٢بەزەیی و ئاشتی و خۆشەویستی بۆتان زیاد بێت.

### تێکۆشان لە پێناوی ڕاستی ئینجیل

٣خۆشەویستان، هەرچەندە زۆر بە پەرۆش بووم
تاکو لەبارەی ڕزگاریی هاوبەشمانەوە بۆتان بنووسم،
بەڵام بە پێویستم زانی ئەمەتان بۆ بنووسم، لێتان
دەپاڕێمەوە تێبکۆشن بۆ ئەو باوەڕەی[a] کە تەنها
جارێك دراوەتە دەست گەلی پیرۆزی خودا. ٤لەبەر
ئەوەی کەسانێك بە دزییەوە هاتوونەتە ناوەوە،
لەمێژە بۆ ئەو حوکمە نووسراون، خوانەناسن،
نیعمەتی[b] خودامان بۆ بەڕەڵایی دەگۆڕن و نکۆڵی
لە عیسای مەسیح دەکەن، کە تاقە سەروەر و خاوەن
شکۆمانە.

### سزای مامۆستا درۆزنەکان

٥بەڵام دەمەوێت بیرتان بخەمەوە کە خۆتان
دەیزانن، یەزدان کە گەلەکەی خۆی لە خاکی میسر
ڕزگار کرد، بەڵام دواتر ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا
لەناوی بردن. ٦هەروەها ئەو فریشتانەی پایەکانی
خۆیان نەپاراست، بەڵکو شوێنی خۆیان بەجێهێشت،
بە کۆتی هەتاهەتایی بۆ سزای ڕۆژی گەورە لەژێر
تاریکیدا هەڵگیران. ٧هەروەها سەدۆم و عەمۆرا و
شارەکانی دەوروبەریان بە هەمان ڕێگا بەدوای
داوێنپیسی و هاوڕەگەزبازی کەوتن، جا بە ئاگرێکی
هەتاهەتایی سزادران و بوون بە پەند.
٨خەیاڵخاوەکانیش بە هەمان شێوە، جەستە
گڵاو دەکەن و دەسەڵات ڕەت دەکەنەوە و بوختان
بە شکۆداران[c] دەکەن. ٩بەڵام میکائیلی سەرۆکی

[a] ٣:١ مەبەست لە پەیامی مەسیحە بۆ باوەڕ.
[b] ٤:١ نیعمەت: بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

[c] ٨:١ مەبەستی لە فریشتەکانە.

فریشتەکان، کاتێك دژایەتی شەیتانی کرد و
سەبارەت بە تەرمی موسا مشتومڕی کرد، نەیوێرا
بە بوختان سکاڵای لێ بکات، بەڵکو گوتی: «یەزدان
سەرزەنشتت بکات!» ١٠کەچی ئەوانە قسە بۆ شتێك
هەڵدەبەستن کە نایزانن. ئەوەی بە سروشتیش
دەیزانن، وەك ئاژەڵی بەستەزمان، لەمانەدا تێکی
دەدەن.
١١قوڕبەسەریان! چونکە ڕێگای قایینیان گرتووە، بۆ
بڕێك دەستکەوت خۆیان داوەتە دەست چەواشەیی
بەلعامەوە[a]، لە یاخیبوونەکەی قۆڕەح[b] لەناوچوون.
١٢ئەوانە لە داوەتە برایەتییەکانی ئێوەدا
لەکەیەکن، بێشەرمانە نان دەخۆن، شوانێکن کە
تەنها خۆیان دەلەوەڕێنن. ئەوانە هەوری بێ بارانن
و با هەڵیگرتوون، وەك داری بێ بەری پاییزن، لە
ڕەگەوە هەڵکەنراون، دوو جار مردوون. ١٣ئەوان
شەپۆلی دەریای هەڵچوون و کارە شەرمهێنەرەکانیان
وەك کەف دەردەکەون، ئەستێرەی گەڕۆکن کە
هەتاهەتایە ڕەشایی تاریکییان بۆ هەڵگیراوە.
١٤حەنۆخ کە لە نەوەی حەوتەمی ئادەمە لەبارەی
ئەوانەوە پێشبینیی کرد: «سەیر بکەن، یەزدان لەگەڵ
هەزاران فریشتەی پیرۆزی خۆی دێت، ١٥تاکو هەموو
خەڵك حوکم بدات و تاوانباریان بکات بە ئەنجامدانی
هەموو ئەو کردەوە خوانەناسییانەی کە بەهۆی
خوانەناسییان ئەنجامیان داوە، هەروەها هەموو ئەو
قسە ڕەقانەی کە گوناهبارە خوانەناسەکان لە دژی
ئەو گوتوویانە.» ١٦ئەوانە بۆڵەبۆڵکەر و گلەییکەرن،
بەگوێرەی ئارەزووە خراپەکانیان هەڵسوکەوت
دەکەن و قسەی گەورە دەکەن، بۆ بەرژەوەندی
خۆیان بە دووڕوویی ستایشی خەڵك دەکەن.

## خۆتان بنیاد بنێن

١٧بەڵام ئێوە ئەی خۆشەویستان، قسەکانی
نێردراوانی عیسای مەسیحی گەورەمان بهێننەوە
یاد کە پێشتر گوتوویانە. ١٨پێی گوتن: «لە کۆتایی
ڕۆژگار، هەندێك گاڵتەجاڕ پەیدا دەبن و دوای
ئارەزووە خراپەکانیان دەکەون.» ١٩ئەوانە دووبەرەکی
دەنێنەوە، سروشتی مرۆڤانەن و ڕۆحی پیرۆزیان
نییە.
٢٠بەڵام ئێوە خۆشەویستان، خۆتان لەسەر
باوەڕی پیرۆزتان بنیاد بنێن، بە ڕۆحی پیرۆز نوێژ
بکەن، ٢١خۆتان لەناو خۆشەویستی خودا بپارێزن،
چاوەڕوانی بەزەیی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان
بن بۆ ژیانی هەتاهەتایی. ٢٢بەزەییتان بەوانەدا
بێتەوە کە گومان دەکەن. ٢٣هەندێك لە ئاگر بڕفێنن
و ڕزگاریان بکەن، لە ترسدا بەزەییتان بە هەندێکدا
بێتەوە، تەنانەت ڕقتان لەو بەرگانە بێتەوە کە بە
جەستە گڵاو بوونە.

## ستایشی خودا

٢٤بۆ ئەوەی توانای هەیە لە کەوتن بتانپارێزێت،
هەروەها بێ گلەیی و بەوپەڕی شادییەوە
لەبەردەم شکۆیەکەی ڕاتانبگرێت، ٢٥بۆ تاکە خودای
ڕزگارکەرمان لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن
شکۆمان، شکۆ و گەورەیی و توانا و دەسەڵات بۆ
ئەوە، لە ئەزەلەوە و ئێستا و هەتاهەتایە! ئامین.

[a] ١١:١ بڕوانە سەرژمێری ١٦:٣١.
[b] ١١:١ بڕوانە سەرژمێری ١:١٦-٣٥.

# ئاشکراکردنی عیسای مەسیح

**کورتە باسێك**

ئاشکراکردنی عیسای مەسیح بۆ یۆحەنای نێردراو لە نزیکەی ساڵی (٩٥ ز.) نووسراوە. لەو کاتەدا باوەڕداران تووشی شەپۆلێکی چەوساندنەوە هاتوون، کەوا لەوانەیە لەژێر دەسەڵاتی دۆمیشیانی ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی (٨١–٩٦ ز.) بووبێت. دەسەڵاتی ڕۆمانی خەڵکیان ناچار دەکرد بۆ پەرستنی ئیمپڕاتۆر. ئەمە کێشەیەکی دروستدەکرد بۆ دانپێدانانی باوەڕداران کە تەنها مەسیح باڵادەستە نەك قەیسەر (١٠:٢،١٣؛ ٣:١٠). هەندێك لەنێو باوەڕداراندا دەیانویست سازش لەسەر پەرستنی خودا بکەن. یۆحەنا وەك هاوبەشێك لە تەنگانە و شانشین و دانبەخۆداگرتن (٩:١) دەنووسێت تاوەکو باوەڕداران ئەم فێرکردنە وەرنەگرن و لە کاتی ترسناکیشدا هەر چەسپاو بن «ئەوان بە خوێنی بەرخەکە و بەو شایەتییەی کە دایان بەسەریدا سەرکەوتن، ژیانی خۆیان خۆشنەویست و پێشوازییان لە مەرگ کرد.» (١١:١٢).

شێوازی نووسینی نامەکە لەسەر ڕێبازێکی تایبەتی ئەدەبیاتی جولەکەیە. زۆر هێما بەکاردەهێنێت و هەندێك جار لەناو دەقەکەدا هەندێك هێمای تایبەت ڕوون دەکاتەوە (٢٠:١). لەنێو دەقەکەدا زیاتر لە ٥٠ جار ژمارە حەوتی بەکارهێناوە، وەك ئاماژەیەك بۆ تەواوەتی.

دەکرێ ئەم نامەیە بۆ چەند بەشێك دابەش بکەین:

١. مەسیح لەنێوان حەوت کڵێساکاندا شکۆدارە (١:٧-٢٠).
٢. حەوت نامە بۆ حەوت کڵێساکە (٢:١–٣:٢٢).
٣. تەخت و تۆمار و بەرخەکە (٤:١–٥:١٤).
٤. حەوت مۆر (٦:١–٨:١).
٥. حەوت کەڕەنا (٨:٢–١١:١٩).
٦. ژن و ئەژدیها و دوو دڕندە و بەرخەکە و سێ فریشتە (١٢:١–١٤:٢٠).
٧. حەوت جامی تووڕەیی خودا (١٥:١–١٦:٢١).
٨. بابلی لەشفرۆشی گەورە (١٧:١–١٩:٥).
٩. ستایش و گەڕانەوەی مەسیح (١٩:٦-٢١).
١٠. هەزار ساڵ و کۆتایی شەیتان (٢٠:١-١٥).
١١. ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ و ئۆرشەلیمی نوێ (٢١:١-٢٢).

**پێشەکی**

١ ئاشکراکردنی عیسای مەسیح کە خودا پێیداوە، تاکو ئەو شتانەی دەبێت زوو ڕووبدەن بە بەندەکانی پیشان بدات و دەریخست کە بە فریشتەکەی خۆی بۆ یۆحەنای بەندەی خۆی نارد، ٢ ئەوەی شایەتی دا بۆ وشەی خودا و بۆ شایەتی عیسای مەسیح، هەرچییەکی بینی. ٣ خۆزگە دەخوازرێت بەوەی وتەکانی ئەم پێشبینییە دەخوێنێتەوە، هەروەها خۆزگە بەو کەسانەش دەخوازرێت کە دەیبیستن و ئەوەی تێیدا نووسراوە پەیڕەوی دەکەن، چونکە کاتەکە نزیکە.

**سڵاو بۆ کڵێساکان**

٤ لە یۆحەناوە،

بۆ حەوت کڵێساکەی هەرێمی ئاسیا:

با نیعمەت[a] و ئاشتی بۆ ئێوە، لەوەی هەیە و هەبووە و دێت و لەو حەوت ڕۆحەی لەبەردەم

[a] ٤ خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

تەختەکەیدان، [٥]هەروەها لە عیسای مەسیحیشەوە
کە شایەتیدەری دڵسۆزە، نۆبەرەی هەستانەوەی نێو
مردووانە، سەرۆکی پاشاکانی سەر زەوییە.
ئەو کە ئێمەی خۆشدەوێت و بە خوێنی خۆی
لە گوناهەکانمان ئازادی کردین و [٦]ئێمەی کردە
شانشین و کاهین بۆ خودای باوکی، شکۆ و توانای
هەتاهەتایی بۆ ئەوە! ئامین.

[٧]ئەوەتا لەگەڵ هەوردا[a] دێت و
هەموو چاوێك دەیبینێت،
ئەوانەش کە ڕمیان لێیداوە،
هەموو خێڵەکانی زەویش شیوەنی بۆ دەگێڕن.
بێگومان بەم جۆرە دەبێت، ئامین.

[٨]یەزدانی پەروەردگار دەفەرموێ: «من ئەلف و
یێم، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت، هەرە بە توانا.»

## بینینی مەسیحی زیندوو

[٩]من یۆحەنای براتانم، کە بە یەکبوون لەگەڵ
عیسادا هاوبەشتانم لە تەنگانە و شانشین و
دانبەخۆداگرتن، لە پێناوی پەیامی خودا و شایەتی
بۆ عیسا لە دوورگەی پەتمۆس بووم. [١٠]لە ڕۆژی
یەزداندا ڕۆحی پیرۆزم هاتە سەر و لە پشتمەوە
گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو، وەك هی کەڕەنا
بوو، [١١]دەیفەرموو: «ئەوەی دەیبینی لە پەڕتووکێك
بینووسەوە و بۆ حەوت کڵێساکەی بنێرە، واتە
ئەفەسۆس و سمیرنا و پرگامۆس و سیاتیرا و ساردس
و فیلادەلفیا و لاودیکییا.[b]»
[١٢]ئاوڕم دایەوە تاکو ئەو دەنگە ببینم کە لەگەڵم
دەدوا، کاتێك ئاوڕم دایەوە حەوت چرادانی زێڕینم
بینی، [١٣]لەناوەڕاستی چرادانەکاندا یەکێکم وەك
کوڕی مرۆڤ[c] بینی، جلێکی شۆڕی لەبەردا بوو هەتا
بەرپێی، پشتێنێکی زێڕینی بە سنگییەوە بەستبوو.
[١٤]سەر و قژی سپی وەك خوری و وەك بەفر سپی
بوون و چاوەکانی وەك گڕی ئاگر بوون. [١٥]پێیەکانی
وەك بڕۆنزێکی بریقەدار کە لە کوورە پوختە کرابێت
وابوون، دەنگیشی وەك هاژەی تاڤگە وابوو، [١٦]حەوت
ئەستێرە لە دەستی ڕاستی بوون، شمشێرێکی دوو
دەمیش لە دەمیەوە دەردەچوو، ڕوخساری وەك
تیشکی بەتینی ڕۆژ دەدرەوشایەوە.
[١٧]کاتێك بینیم وەك مردوو لەبەرپێی کەوتم،
دەستی ڕاستی خستە سەرم و فەرمووی: «مەترسە،
من یەکەمین و کۆتاییم. [١٨]منم ئەوەی زیندووە،
پێشتر مردم، بەڵام ئەوەتا ئێستا بۆ هەتاهەتایە
زیندووم! هەروەها کلیلەکانی مردن و جیهانی
مردووانم[d] پێیە. [١٩]بۆیە ئەمانە بنووسە لەوەی بینیت
و ئەوەی هەیە و ئەوەی پاش ئەمەش دەبێت.
[٢٠]نهێنی ئەو حەوت ئەستێرەیەی لە دەستی ڕاستم
بینیت و حەوت چرادانە زێڕینەکە ئەمەیە: حەوت
ئەستێرەکە فریشتەی حەوت کڵێساکانن و حەوت
چرادانەکەش حەوت کڵێساکەن.»

## نامەیەك بۆ کڵێسای ئەفەسۆس

٢ بۆ فریشتەی کڵێساکەی ئەفەسۆس بنووسە:
ئەوەی حەوت ئەستێرەکەی بە
دەستی ڕاستی گرتووە و بە ناو حەوت
چرادانە زێڕینەکەدا هاتوچۆ دەکات،
دەفەرموێ: [٢]«ئاگام لە کردار و ماندووبوون
و دانبەخۆداگرتنتە، هەروەها کە چۆن
لە تواناتدایە خراپەکاران ڕەتبکەیتەوە،
ئەوانەشت تاقی کردەوە کە خۆیان بە نێردراو
دەزانن بەڵام نێردراو نین، بە درۆزن دەرچوون،
[٣]دانت بەخۆتداگرت و لەبەر ناوی من بەرگەت
گرت، کۆڵت نەدا.
[٤]«بەڵام ئەوەم لەسەرت هەیە: تۆ
خۆشەویستییەکەی یەکەمینت بەلاوە ناوە.
[٥]بەبیرت بێتەوە لە چ پایەیەکی بەرز کەوتیت!
تۆبە بکە و کارەکانی پێشترت دووبارە

[a] ٧ بڕوانە دانیال ١٣:٧.
[b] ١١ ئەو حەوت شارە دەکەونە ڕۆژئاوای تورکیای ئێستا.
[c] ١٣ دانیال ١٣:٧.
[d] ١٨ یۆنانی: هادیس: بڕوانە پەراوێزی مەتا ٢٣:١١.

بکەرەوە. ئەگەر تۆبە نەکەیت، دێمە لات و چرادانەکەت لە شوێنی خۆی لادەدەم. [٦]بەڵام شتێکی باشت هەیە: ڕقت لە دابونەریتی نیکۆلاوییەکان[a] دەبێتەوە، کە منیش ڕقم لێیان دەبێتەوە.

[٧]«ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە کڵێساکان دەفەرموێ. ئەوەی سەربکەوێت دەیدەمێ لە درەختی ژیان[b] بخوات، ئەوەی لە بەهەشتی خودایە.»

## نامەیەك بۆ كڵێسای سمیرنا

[٨]بۆ فریشتەی کڵێساکەی سمیرنا بنووسە:

ئەوەی یەکەمین و دواهەمینە، ئەوەی مردوو بوو و زیندووبووەوە، دەفەرموێ: [٩]«ئاگام لە تەنگانە و هەژاریتە، هەرچەندە تۆ دەوڵەمەندیت. هەروەها ئاگام لە قسە هەڵبەستنی ئەوانەیە کە دەڵێن جولەکەین و واش نین، بەڵام کەنیشتی شەیتانن. [١٠]هەرگیز مەترسە لەو ئازارانەی وا بۆت دێت. وا ئیبلیس خەریکە هەندێکتان بخاتە زیندانەوە، تاکو تاقی بکرێنەوە و دە ڕۆژ تەنگانەتان دەبێت. هەتا مردن دڵسۆزبە، منیش تاجی ژیانت پێ دەبەخشم.

[١١]«ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە کڵێساکان دەفەرموێ. ئەوەی سەربکەوێت مردنی دووەم ئازاری نادات.»

## نامەیەك بۆ كڵێسای پرگامۆس

[١٢]بۆ فریشتەی کڵێساکەی پرگامۆس بنووسە:

ئەوەی شمشێرە تیژە دوو دەمەکەی هەیە دەفەرموێ: [١٣]«ئاگام لێیە لەکوێ دەژیت، ئەو شوێنەی تەختی شەیتانی لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەست بە ناوی منەوە دەگریت. تەنانەت لەو ڕۆژانەش کە ئەنتیپاسی شایەتیدەری دڵسۆزم لەلاتان شەهید کرا، لەو شوێنەی شەیتان نیشتەجێیە، نکۆڵیت لە باوەڕی من نەکرد.

[١٤]«بەڵام هەندێك شتم لەسەرت هەیە: ئەویش هەندێك کەس لەلاتن پابەندن بە فێرکردنی بەلعامەوە[c]، ئەوەی بالاقی فێردەکرد کۆسپ لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل دابنێت تاکو لەو قوربانییانە بخۆن[d] کە بۆ بت کراون و داوێنپیسی بکەن. [١٥]بە هەمان شێوە لەلای تۆش هەندێك هەن پابەندن بە فێرکردنی نیکۆلاوییەکان. [١٦]بۆیە تۆبە بکە! ئەگینا، بەم زووانە دێمە لات و بە شمشێرەکەی دەمم لەگەڵیان دەجەنگم.

[١٧]«ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە کڵێساکان دەفەرموێ. ئەوەی سەربکەوێت لە مەنی[e] شاراوەی دەدەمێ، هەروەها بەردێکی سپی دەدەمێ کە ناوێکی نوێی لەسەر نووسراوە، جگە لەوەی وەریدەگرێت کەس نایزانێت.»

## نامەیەك بۆ كڵێسای سیاتیرا

[١٨]بۆ فریشتەی کڵێساکەی سیاتیرا بنووسە:

کوڕی خودا، ئەوەی چاوەکانی وەك گڕی ئاگرە و پێیەکانی وەك بڕۆنزی بریقەدارە، دەفەرموێ: [١٩]«ئاگام لە کردار و خۆشەویستی و خزمەت و باوەڕ و دانبەخۆداگرتنتە. کارەکانی ئەم دواییەت لەوانەی یەکەمت زیاترن.

[٢٠]«بەڵام ئەمەم لەسەرت هەیە: تۆ ڕێت بەو

---

[a] ٦ کۆمەڵێکی شوێنکەوتەی نیکۆلاوس، لە بیری ئەوان ئازادی بە مەسیح ئازادی بوو بۆ بەرەڵایی. بڕوانە ٢:‏١٥.

[b] ٧ پەیدابوون ٢:‏٩؛ ٣:‏٢٢.

[c] ١٤ سەرژمێری ٣١:‏١٦

[d] ١٤ سەرژمێری ٢٥:‏١.

[e] ١٧ ئەو نانەی کە خودا لە سەردەمی موسادا لە ئاسمانەوە باراندی. گەلی خودا لەو باوەڕەدا بوون کە لە سەردەمی مەسیحدا خودا دووبارە ئەم مەنە بە گەلەکەی دەداتەوە. بڕوانە دەرچوون ١٦:‏٤-‏٣٤.

ژنە داوە کە ناوی ئیزابێلە[a]، خۆی بە پێغەمبەر
ناوببات، بەندەکانم فێردەکات و چەواشەیان
دەکات تاکو داوێنپیسی بکەن و لەو خواردنە
بخۆن کە بۆ بت کراوەتە قوربانی. ٢١کاتم
پێیدابوو تاکو تۆبە بکات، بەڵام نەیویست تۆبە
لە داوێنپیسی بکات. ٢٢لەبەر ئەوە فڕێیدەدەمە
سەر جێگا[b] و نەخۆشی دەکەوێ، ئەوانەی
داوێنپیسییان لەگەڵی کردووە دەیانخەمە ناو
تەنگانەیەکی گەورە، ئەگەر لە کردارەکانیان
تۆبە نەکەن. ٢٣هەروەها منداڵەکانی بە مردن
لەناودەبەم، هەموو کڵێساکانیش دەزانن من
پشکێنەری مێشك و دڵەکانم، هەر یەکێکیشتان
بەگوێرەی کارەکانی دەیدەمێ.
٢٤«بەڵام بە ئێوە دەڵێم، ئەوانەی لە سیاتیرا
ماونەتەوە، ئەوانەی ئەم فێرکردنەیان نییە و بە
قووڵایی شەیتانیان نەزانیوە، وەك دەڵێن، من
بارێکی دیکەتان ناخەمە سەر، ٢٥تەنها ئەوەی
هەتانە دەستی پێوە بگرن، هەتا دێم.
٢٦«ئەوەی سەربکەوێت و کارەکانی من
تاکو کۆتایی بپارێزێت، دەسەڵاتی بەسەر
نەتەوەکاندا دەدەمێ،

٢٧«﴿بە گۆچانێکی ئاسنین بەڕێوەیان دەبات،
وەك گۆزەیەکی گڵین وردوخاشیان دەکات.﴾[c]

هەروەك منیش لە باوکمەوە دەسەڵاتم وەرگرتووە.
٢٨هەروەها ئەستێرەی بەرەبەیانی دەدەمێ. ٢٩ئەوەی
گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە
کڵێساکان دەفەرموێ.»

## نامەیەك بۆ کڵێسای ساردس

٣ هەروەها بۆ فریشتەی کڵێساکەی ساردس
بنووسە:

ئەوەی حەوت ڕۆحی خودا و حەوت
ئەستێرەکەی هەیە دەفەرموێ: «ئاگام لە
کردارەکانتە، تۆ بە ناو زیندوویت، بەڵام
مردوویت. ٢ئێشك بگرە! ئەوەی ماوە بەهێزی
بکە، ئەوەی خەریکە بمرێت، چونکە لەبەردەم
خودام کارەکانتم بە ناتەواوی بینی. ٣ئیتر ئەو
شتەی کە فێری بوویت و بیستت بەبیر خۆتی
بهێنەرەوە و بە باشی پێیەوە پابەند بە و تۆبە
بکە. بەڵام ئەگەر ئێشك نەگریت ئەوا وەك
دزێك دێم و نازانی لە چ کاتێکدا بۆت دێم.
٤«کەچی خەڵکێکی کەمت لە ساردسدا
هەیە بەرگەکانیان گڵاو نەکردووە، بە بەرگی
سپییەوە لەگەڵ من ڕێ دەکەن، چونکە
شایانی ئەوەن. ٥ئەوەی سەربکەوێت ئاوا
بەرگی سپی دەپۆشێت و ناوی لە پەڕتووکی
ژیاندا ناسڕمەوە و لەبەردەم باوکم و لەبەردەم
فریشتەکانی دان بە ناوەکەیدا دەنێم. ٦ئەوەی
گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە
کڵێساکان دەفەرموێ.»

## نامەیەك بۆ کڵێسای فیلادەلفیا

٧هەروەها بۆ فریشتەی کڵێساکەی فیلادەلفیا بنووسە:

ئەوەی پیرۆز و ڕاستە، کلیلەکەی داودی لە
دەستە، ئەوەی دەیکاتەوە و کەس دایناخات،
دایدەخات و کەس نایکاتەوە، دەفەرموێ:
٨«ئاگام لە کردارەکانتە. ئەوەتا دەرگایەکی
کراوەم لەبەردەمت داناوە و کەس ناتوانێت
دایبخات. دەزانم هێزێکی کەمت هەیە،
بەڵام وشەی من دەپارێزیت، نکۆڵیت لە ناوی
من نەکرد. ٩ئەوەتا ئاوا لەوانەی کەنیشتی
شەیتان دەکەم، ئەوانەی دەڵێن جولەکەین و
جولەکەش نین، بەڵکو درۆ دەکەن، وایان لێ
دەکەم بێن و لەبەردەم پێیەکانتدا کڕنۆش ببەن
و بزانن تۆم خۆشویستووە. ١٠لەبەر ئەوەی
بەگوێرەی ڕاسپاردەکەم دانت بەخۆتداگرت،
منیش لە کاتی تاقیکردنەوەدا دەتپارێزم

[a] ٢٠ ناوێکە وەکو هێما بۆ خراپەکار بەکاردێت، بڕوانە یەکەم پاشایان ٤:١٨.

[b] ٢٢ کەوتن لەسەر جێگا و نەخۆش کەوتن وەکو سزا.

[c] ٢٧ زەبوورەکان ٩:٢

کە بەسەر هەموو جیهاندا دێت بۆ ئەوەی دانیشتووانی جیهان تاقی بکرێنەوە.

[١١]«زوو دێم. دەست بگرە بەوەی هەتە، تاکو کەس تاجەکەت لێ نەستێنێت. [١٢]ئەوەی سەربکەوێت دەیکەمە کۆڵەکەیەک لەناو پەرستگای خودام و هەرگیز لێی دەرناچێت. ناوی خودای خۆم و ناوی شاری خودای خۆمی لەسەر دەنووسم، ئۆرشەلیمی نوێ، ئەوەی لەلایەن خودای خۆم لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە، هەروەها ناوی نوێی خۆمی لەسەر دەنووسم. [١٣]ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە کڵێساکان دەفەرموێ.»

## نامەیەک بۆ کڵێسای لاودیکیا

[١٤]بۆ فریشتەی کڵێساکەی لاودیکیا بنووسە:

ئەمە پەیامی ئەوەیە کە بە ئامین[a] ناو دەبردرێت، کە شایەتیدەری دڵسۆز و ڕاستگۆیە و سەرچاوەی بەدیهێنراوەکانی خودایە: [١٥]«ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ نە سارد و نە گەرمیت. خۆزگە سارد یان گەرم بووای، [١٦]بەڵام لەبەر ئەوەی شلەتێنیت، نە ساردیت و نە گەرمیت، بەتەمام لە دەممەوە بتتفێنمەوە. [١٧]تۆ دەڵێی: "دەوڵەمەندم و زەنگین بوومە، پێویستیم بە هیچ نییە." بەڵام بێئاگای لەوەی بە دەردەسەری و نەگبەت و هەژار و کوێر و ڕووتیت. [١٨]ئامۆژگاریت دەکەم زێڕی بە ئاگر پوختەکراوم لێ بکڕیت تاکو دەوڵەمەند بیت، جلی سپیش تاکو لەبەری بکەیت بۆ ئەوەی شەرمەزاری ڕووتیت دەرنەکەوێت، هەروەها کلیش بۆ ئەوەی لە چاوتی بدەیت هەتا ببینیت.

[١٩]«ئەوانەی خۆشم بوێن سەرزەنشتیان دەکەم و تەمبێیان دەکەم. بۆیە دڵگەرم بە و تۆبە بکە. [٢٠]ئەوەتا لە بەردەرگا وەستاوم و لە دەرگا دەدەم. ئەگەر یەکێک گوێی لە دەنگم بوو و دەرگاکەی کردەوە، لێی دێمە ژوورەوە و نانی لەگەڵ دەخۆم، ئەویش لەگەڵ من.

[٢١]«ئەوەی سەربکەوێت دەیدەمێ لەسەر تەختەکەم لەگەڵم دانیشێت، وەک منیش سەرکەوتنم بەدەستهێنا و لەگەڵ باوکم لە تەختەکەیدا دانیشتم. [٢٢]ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت ڕۆحی پیرۆز چی بە کڵێساکان دەفەرموێ.»

## بینینی تەختی پاشایانەی خودا

٤ پاش ئەمە تەماشام کرد دەرگایەکی کراوەم بینی لە ئاسماندا، ئەو دەنگەش کە یەکەم جار وەک کەڕەنا هاتە گوێم[b]، پێی فەرمووم: «سەربکەوە بۆ ئێرە، ئەوەت پیشان دەدەم کە دوای ئەمە پێویستە ڕووبدات.» [٢]دەستبەجێ ڕۆحی پیرۆزم هاتە سەر و تەختێکم بینی لە ئاسمان دانرابوو، لەسەر تەختەکەش یەکێک دانیشتبوو. [٣]ڕوخساری دانیشتووەکە لە بەردی یەشب و یاقووتی سوور دەچوو، پەلکەزێڕینەیەکیش وەک زمرووت لە دەوری تەختەکە دەدرەوشایەوە. [٤]لە دەوری تەختەکەش بیست و چوار تەخت هەبوون، بیست و چوار پیریش کە جلی سپییان پۆشی بوو لەسەر تەختەکان دانیشتبوون و تاجی زێڕینیان لەسەر بوو. [٥]لە تەختەکەوە هەورە بروسکە و دەنگەدەنگ و هەورەگرمە دەهات، لەبەردەم تەختەکەش حەوت چرای ئاگرین دەسووتان، کە حەوت ڕۆحەکەی خودان. [٦]لەبەردەم تەختەکەش شوێنێکی وەک دەریایەکی شووشەیی هەبوو، وەک کریستاڵ.

لەناوەڕاست، لە دەوروبەری تەختەکە چوار بوونەوەر هەبوون، لەپێش و پاش بە چاو داپۆشرا بوون. [٧]بوونەوەری یەکەم وەک شێر بوو، دووەم بوونەوەر وەک جوانەگا، سێیەم بوونەوەر ڕوخسارێکی وەک مرۆڤی هەبوو، چوارەم بوونەوەر وەک هەڵۆیەکی فڕیو بوو. [٨]چوار بوونەوەرەکە

[a] ١٤ ناوێکی تایبەتە بۆ مەسیح.

[b] ١ بڕوانە ١:١٠.

هەریەکەیان شەش باڵی هەبوو، دەوروبەر و
ژێر باڵیشیان بە چاو داپۆشرابوو، تەنانەت لەژێر
باڵەکانی، شەو و ڕۆژ بێ وەستان دەڵێن:

«پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە،
خودای پەروەردگاری هەرە بە توانا،
ئەوەی هەبووە و هەیە و دێت.»

٩هەر کاتێك بوونەوەرەکان شکۆ و ڕێز و سوپاس
دەکەن بۆ ئەوەی دانیشتووی سەر تەختەکەیە،
ئەوەی هەتاهەتایە زیندووە، ١٠بیست و چوار
پیرەکەی بەردەم دانیشتووی سەر تەختەکە دەکەون
و کڕنۆش بۆ زیندووی هەتاهەتایی دەبەن و
تاجەکانیان لەبەردەم تەختەکە فڕێدەدەن و دەڵێن:

١١ «ئەی خودای پەروەردگارمان، تۆ شایانی ئەوەی
شکۆ و ڕێز و توانا وەربگریت،
چونکە تۆ هەموو شتێکت بەدیهێناوە،
بە خواستی تۆش هەن و بەدیهێنران.»

## تۆمار و بەرخە سەربڕدراوەکە

٥ لەلای دەستە ڕاستی دانیشتووی سەر
تەختەکەوە تۆمارێکم بینی لە هەردوو
ڕووی نووسرا بوو، بە حەوت مۆریش مۆر کرابوو.
٢هەروەها فریشتەیەکی بەهێزم بینی بە دەنگێکی
بەرز هاواری دەکرد: «کێ شایستەی ئەوەیە تۆمارەکە
بکاتەوە و مۆرەکانی بشکێنێت؟» ٣کەس نەبوو، نە لە
ئاسمان و نە لەسەر زەوی و نە لەژێر زەوی بتوانێت
تۆمارەکە بکاتەوە یاخود تەماشای بکات. ٤دەستم
بە گریانێکی زۆر کرد، چونکە کەس شایستەی ئەوە
نەبوو تۆمارەکە بکاتەوە یان تەماشای ناوەوەی
بکات. ٥یەکێك لە پیرەکان پێی گوتم: «مەگریێ،
ئەوەتا ئەو شێرەی لە هۆزی یەهودایە و لە ڕەگی
داوەد[a] سەرکەوتنی بەدەستهێنا، تۆمارەکە دەکاتەوە
و حەوت مۆرەکەی دەشکێنێت.»
٦ئینجا لەناوەڕاستی تەختەکە بەرخێکم بینی وەستا
بوو وەك سەربڕدرابێت وابوو، چوار بوونەوەرەکە و
پیرەکانیش بەدەوریدا بوون. بەرخەکە حەوت شاخ
و حەوت چاوی هەبوو، کە حەوت ڕۆحەکەی خودان
بۆ هەموو زەوی نێردراون. ٧هات و تۆمارەکەی لە
دەستی ڕاستی دانیشتووی سەر تەختەکە وەرگرت.
٨کاتێك تۆمارەکەی وەرگرت، چوار بوونەوەرەکە
و بیست و چوار پیرەکە کەوتنە بەردەم بەرخەکە،
هەریەکەیان قیسارە و جامی زێڕینی پڕ بخووریان
پێبوو، ئەوەش نوێژەکانی گەلی پیرۆزی خودایە،
٩سروودێکی نوێشیان دەگوت:

«تۆ شایستەی ئەوەی تۆمارەکە ببەیت و
مۆرەکانی بکەیتەوە،
چونکە تۆ سەربڕایت و بە خوێنی خۆت خەڵکت
بۆ خودا کڕییەوە،
لە هەموو خێڵ و زمان و گەل و نەتەوەیەك.
١٠ ئەوانیشت کردە شانشین و کاهین بۆ خودامان و
فەرمانڕەوایەتی زەوی دەکەن.»

١١ئینجا تەماشام کرد و گوێم لە دەنگی
فریشتەیەکی زۆر بوو لە دەوری تەختەکە و
بوونەوەرەکان و پیرەکان، ژمارەیان هەزاران هەزار و
دەیان هەزار دە هەزار دەبوو، ١٢بە دەنگێکی بەرز
دەیانگوت:

«بەرخە سەربڕدراوەکە شایستەی وەرگرتنی
توانا و دەوڵەمەندی و دانایی و هێز و
ڕێز و شکۆ و ستایشە!»

١٣هەموو بوونەوەرێکی ئاسمان و زەوی و ژێر
زەوی و ناو دەریاش، هەر ئەوەی تێیاندایە، بیستم
دەیانگوت:

«با ستایش و ڕێز و شکۆ و توانا،
بۆ دانیشتووی سەر تەختەکە و
بەرخەکە بێت، هەتاهەتایە!»

١٤چوار بوونەوەرەکەش دەیانگوت: «ئامین»،
پیرەکانیش کەوتن و کڕنۆشیان برد.

[a] ٥ بڕوانە ڕۆما ١٢:١٥.

## حەوت مۆرەکە

٦ سەیرم کرد کە بەرخەکە یەکێك لە حەوت مۆرەکەی کردەوە. ئینجا گوێم لێبوو یەکێك لە چوار بوونەوەرەکە بە دەنگێکی وەك هەورەگرمە گوتی: «وەرە!» ٢ سەیرم کرد ئەسپێکی سپیم بینی، سوارەکەی کەوانێکی بەدەستەوە بوو و تاجێکی پێدرابوو، بە سەرکەوتنەوە دەرچوو تاکو سەربکەوێت.

٣ کاتێك بەرخەکە مۆری دووەمی کردەوە، گوێم لە بوونەوەری دووەم بوو گوتی: «وەرە!» ٤ ئەسپێکی دیکەی سووری درەوشاوە هاتە پێشەوە، سوارەکەی دەسەڵاتی پێدرابوو ئاشتی لە زەویدا نەهێڵێت تاکو خەڵك یەکتری بکوژن. هەروەها شمشێرێکی گەورەی پێدرابوو.

٥ کاتێك بەرخەکە مۆری سێیەمی کردەوە، گوێم لێبوو بوونەوەری سێیەم گوتی: «وەرە!» سەیرم کرد، ئەسپێکی ڕەشم بینی، سوارەکەی تەرازوویەکی بەدەستەوە بوو. ٦ گوێم لێبوو دەنگێك لەناوەڕاستی چوار بوونەوەرەکەدا دەیگوت: «یەك مشت[a] گەنم بە دینارێك[b]، سێ مشت جۆ بە دینارێك، بەڵام زیان بە ڕۆن و شەرابەکە مەگەیەنە.»

٧ کاتێك بەرخەکە مۆری چوارەمی کردەوە، گوێم لە دەنگی بوونەوەری چوارەم بوو گوتی: «وەرە!» ٨ سەیرم کرد، ئەسپێکی زەردباوم بینی، سوارەکەی ناوی «مردن» بوو، یەکێکی دیکە بە ناوی «جیهانی مردووان» دوای کەوتبوو. دەسەڵاتیان پێدرابوو چارەگی زەوی بە شمشێر و قاتوقڕی و دەرد بکوژن، هەروەها بە دڕندە کێوییەکانی زەوی.

٩ کاتێك مۆری پێنجەمی کردەوە، لەژێر قوربانگادا ڕۆحی ئەوانەم بینی لەبەر پەیامی خودا و لەبەر ئەو شایەتییەی لەلایان بوو کوژرابوون. ١٠ بە دەنگێکی بەرز هاواریان کرد و گوتیان: «ئەی یەزدانی باڵادەست، پیرۆز و ڕاست، هەتا کەی حوکمیان نادەیت و تۆڵەی خوێنی ئێمە لە دانیشتووانی سەر زەوی ناستێنی؟» ١١ جا هەریەکەیان جلێکی سپییان درایێ و پێیان گوترا ماوەیەك بحەسێنەوە، هەتا بەندە هاوکارەکان و خوشك و براکانیان کە وەك ئەوان دەکوژرێن تەواو دەبن.

١٢ سەیرم کرد کە مۆری شەشەمی کردەوە، بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوویدا و خۆر وەك جلوبەرگی ماتەم ڕەش هەڵگەڕا، مانگیش وەك خوێن سوور هەڵگەڕا، ١٣ ئەستێرەکانی ئاسمان کەوتنە زەوی، وەك دار هەنجیر کاتێك بایەکی توند دەیهەژێنێت، بەرەکەی دەکەوێت. ١٤ ئاسمان وەك تۆمارێکی لوولکراو لەبەرچاو ون بوو، هیچ چیا و دوورگەیەك لە شوێنی خۆی نەما. ١٥ پاشایانی سەر زەوی و گەورە و سوپاسالار و دەوڵەمەند و بەهێز و هەموو کۆیلە و ئازادێك، خۆیان لە ئەشکەوت و تاشەبەردی چیادا حەشار دا، ١٦ بە چیا و بەردیان دەگوت: «بکەونە سەرمان تاکو لە ڕووی دانیشتووی سەر تەختەکە و تووڕەیی بەرخەکە بمانشارنەوە! ١٧ چونکە ڕۆژی تووڕەبوونە گەورەکەیان هاتووە و کێ دەتوانێت خۆی ڕابگرێت؟»

## پاراستنی بەندەکانی خودا

٧ پاش ئەمە چوار فریشتەم بینی لەسەر هەر چوار گۆشەی زەوی ڕاوەستابوون، چوار بایەکەی زەوییان گرتبوو تاکو بۆ سەر زەوی و سەر دەریا و سەر هیچ درەختێك هەڵنەکەن. ٢ فریشتەیەکی دیکەشم بینی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوت مۆری خودای زیندووی پێبوو، بە دەنگێکی بەرز بانگی چوار فریشتەکەی کرد کە توانایان پێدرابوو زیان بە زەوی و دەریا بگەیەنن، ٣ گوتی: «زیان بە زەوی و دەریا و درەخت مەگەیەنن هەتا نێوچەوانی بەندەکانی خودامان مۆر دەکەین.» ٤ گوێم لێبوو کە ژمارەی مۆرکراوان لە هەموو هۆزەکانی نەوەی ئیسرائیل سەد و چل و چوار هەزارە.

٥ لە هۆزی یەهودا دوازدە هەزار مۆرکراو،
لە هۆزی ڕەئوبێن دوازدە هەزار،

[a] ٦ نزیکی ١ کیلۆ.
[b] ٦ دینارێك کرێی ڕۆژانەی کرێکارێك بووە.

لە هۆزی گاد دوازده هەزار،
[٦]لە هۆزی ئاشێر دوازده هەزار،
لە هۆزی نەفتالی دوازده هەزار،
لە هۆزی مەنەشە دوازده هەزار،
[٧]لە هۆزی شیمۆن دوازده هەزار،
لە هۆزی لێڤی دوازده هەزار،
لە هۆزی یەساخار دوازده هەزار،
[٨]لە هۆزی زەبولون دوازده هەزار،
لە هۆزی یوسف دوازده هەزار،
لە هۆزی بنیامین دوازده هەزار مۆرکراو.

## خەڵکانێکی سپیپۆش

[٩]پاش ئەمە سەیرم کرد ئاپۆرەیەك لە خەڵکم بینی لە هەموو نەتەوە و هۆز و گەل و زمانێك کە لە ژمارە نەدەهات، لەبەردەم تەختەکە و بەرخەکە ڕاوەستابوون، جلی سپییان لەبەردا بوو و لقە دار خورمایان بەدەستەوە گرتبوو، [١٠]بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد و دەیانگوت:

«ڕزگاری هی خودامانە،
کە لەسەر تەختەکە دانیشتووە و
هی بەرخەکەیە.»

[١١]هەموو فریشتەکان لە دەوری تەختەکە ڕاوەستابوون، پیرەکان و چوار بوونەوەرەکە، لەبەردەم تەختەکە بە ڕوودا کەوتن و کڕنۆشیان بۆ خودا برد، [١٢]دەیانگوت:

«ئامین!
ستایش و شکۆ و دانایی و
سوپاس و ڕێز و هێز و توانا
بۆ خودامانە، هەتاهەتایە!
ئامین!»

[١٣]دوایی یەکێك لە پیرەکان لێی پرسیم: «ئەم سپی پۆشانە کێن و لەکوێوە هاتوون؟»
[١٤]منیش پێم گوت: «گەورەم، تۆ دەزانیت.»
پێی گوتم: «ئەمانە ئەوانەن کە لە تەنگانە گەورەکەوە هاتوون و جلەکانیان بە خوێنی بەرخەکە شوشتووە و سپی کردووە. [١٥]بۆیە

«لەبەردەم تەختی خودان و
شەو و ڕۆژ لە پەرستگاکەی خزمەتی دەکەن و
دانیشتووی سەر تەختەکەش بە چادر
دایاندەپۆشێت.
[١٦]ئیتر نە برسی دەبن و نە تینوو،
نە هەتاو لێیان دەدات و نە گەرمی سووتێنەر.
[١٧]چونکە بەرخەکەی ناوەڕاستی تەختەکە
شوانەتییان دەکات و
بەرەو کانییەکانی ئاوی ژیانیان دەبات،
خوداش هەموو فرمێسکەکانی چاویان
دەسڕێتەوە.»

## مۆری حەوتەم

٨ کاتێك بەرخەکە مۆری حەوتەمی کردەوە، نیو کاتژمێر بێدەنگییەك ئاسمانی گرتەوە. [٢]ئەو حەوت فریشتەیەم بینی کە لەبەردەم خودا ڕادەوەستن و حەوت کەڕەنایان پێدرابوو. [٣]فریشتەیەکی دیکەش هات و لەلای قوربانگاکە وەستا، بخووردانێکی زێڕینی پێبوو. بخوورێکی زۆریشی پێدرابوو تاکو لەگەڵ نوێژی گەلی پیرۆزی خودا لەسەر ئەو قوربانگا زێڕینەی کە لەبەردەم تەختەکەیە پێشکەشی بکات. [٤]لەگەڵ نوێژەکانی گەلی پیرۆزی خودا، دووکەڵی بخوور لە دەستی فریشتەکە لەبەردەم خودا بەرزبووەوە. [٥]فریشتەکەش بخووردانەکەی برد و لە قوربانگاکە پڕی کرد لە ئاگر و فڕێیدایە سەر زەوی. ئیتر بوو بە هەورەگرمە و دەنگەدەنگ و هەورە بروسکە، پاشان بوومەلەرزەیەك ڕوویدا.

## حەوت کەڕەناکان

[٦]ئیتر حەوت فریشتەکەی کە حەوت کەڕەناکەیان پێبوو خۆیان بۆ لێدانی کەڕەنا ئامادە کرد.
[٧]فریشتەی یەکەم کەڕەناکەی لێدا و تەرزە و ئاگری تێکەڵ بە خوێنی پەیدابوو، فڕێدرانە سەر

زەوی. سێیەکی زەوی سووتا و سێیەکی درەختەکانیش سووتان و هەموو گیایەکی سەوز سووتان.

[٨]فریشتەی دووەم کەڕەناکەی لێدا و شتێك لە شێوەی چیایەکی گەورەی گڕگرتوو فڕێدرایە دەریاوە. سێیەکی دەریاکەش بووە خوێن، [٩]سێیەکی بوونەوەرانی زیندووی دەریاش مردن، سێیەکی کەشتییەکانیش تێکشکان.

[١٠]فریشتەی سێیەم کەڕەناکەی لێدا و ئەستێرەیەکی گەورەی پرشنگداری وەك چرا لە ئاسمانەوە کەوتە سەر سێیەکی ڕووبار و سەرچاوەکانی ئاو، [١١]ئەستێرەکەش ناوی زەقنەبووت بوو. سێیەکی ئاو تاڵ بوو، خەڵکانێکی زۆریش لەبەر تاڵی ئاوەکە مردن.

[١٢]فریشتەی چوارەمیش کەڕەناکەی لێدا و سێیەکی خۆر و سێیەکی مانگ و سێیەکی ئەستێرەکان لێدران، تاکو سێیەکیان تاریك بن. ڕۆژ سێیەکی تاریك بوو، سێیەکی شەویش بە هەمان شێوە بێ ڕووناکی بوو.

[١٣]پاشان تەماشام کرد، بیستم هەڵۆیەکی هەڵفڕیو لەناوەڕاستی ئاسماندا، بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: «قوڕبەسەرتان! قوڕبەسەرتان! ئەی دانیشتووانی سەر زەوی، قوڕبەسەرتان! کاتێك ئەو سێ فریشتەیەی کە خەریکن کەڕەناکانیان لێدەدەن، چی بەسەر زەوی دەهێنن!»

٩ کاتێك فریشتەی پێنجەم کەڕەناکەی لێدا، تەماشام کرد ئەستێرەیەك لە ئاسمانەوە کەوتە سەر زەوی و کلیلی بیری بێ بنی[a] پێدرابوو. [٢]کاتێك فریشتەکە بیری بێ بنی کردەوە، دووکەڵێك لە شێوەی دووکەڵی کوورەیەکی گەورە لێی بەرزبووەوە و خۆر و ئاسمانی تاریك کرد. [٣]لە دووکەڵەکەوە کوللە بارین بۆ سەر زەوی و توانا و دەسەڵاتێکی وەك توانا و دەسەڵاتی دووپشکی زەوییان پێدرابوو. [٤]کوللەکان فەرمانی ئەوەیان پێدرابوو کە زیان بە گیای زەوی و هیچ سەوزایی و هیچ درەختێك نەگەیەنن، تەنها زیان بەو خەڵکانە بگەیەنن کە مۆری خودایان بە نێوچەوانەوە نییە. [٥]ڕێیان پێنەدرابوو ئەو خەڵکانە

[a] ١ بڕوانە لۆقا ٣١:٨.

بکوژن، بەڵکو پێنج مانگ ئازار بچێژن، ئازارەکەی وەك ئازاری دووپشکە کاتێك بە مرۆڤەوە دەدات. [٦]لەو ڕۆژانەدا خەڵك بەدوای مردندا دەگەڕێن بەڵام نایدۆزنەوە، حەز لە مردن دەکەن بەڵام مردن لێیان ڕادەکات.

[٧]شێوەی کوللەکان وەك ئەو ئەسپانە بوون کە بۆ شەڕ ئامادە دەکرێن، لەسەر سەریان شتێك لە شێوەی تاجێکی زێڕین هەبوو و ڕوخساریان وەك مرۆڤ بوو. [٨]قژیان لە شێوەی قژی ئافرەت بوو و ددانەکانیشیان وەك ددانی شێر. [٩]سپەریان هەبوو وەك سپەری ئاسنین، دەنگی باڵەکانیان وەك دەنگی ئەو گالیسکانە بوو کە ئەسپێکی زۆری پێوەیە و تاودەدرێن بەرەو جەنگ. [١٠]چەند کلکێکی چزووداری وەك دووپشکیان هەبوو، پێنج مانگ توانا و دەسەڵاتی ئەوەیان پێدرابوو کە بە کلکەکانیان ئازاری خەڵك بدەن. [١١]فریشتە بەدکارەکەی بیری بێ بن پاشا بوو بەسەریانەوە، بە عیبری ناوی ئەبەدۆنە[b] و بە یۆنانی ناوی ئەپۆلیۆنە.

[١٢]نەهامەتی یەکەم نەماوە، دوو نەهامەتی دیکە ماون کە دوای ئەمە دێن.

[١٣]پاشان فریشتەی شەشەم کەڕەناکەی لێدا و دەنگێك لە چوار قۆچەکەی قوربانگا زێڕینەکەی بەردەم خوداوە هاتە گوێم، [١٤]کە بە فریشتەی شەشەمی دەگوت کە کەڕەناکەی پێبوو: «چوار فریشتە بەستراوەکەی لای ڕووباری گەورەی فورات ئازاد بکە.» [١٥]چوار فریشتەکەی ئامادە کرابوون بۆ ئەو کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە، ئازاد کران، تاکو سێیەکی مرۆڤ بکوژن. [١٦]گوێم لێبوو ژمارەی سەربازە سوارەکان دوو سەد ملیۆن بوو.

[١٧]ئەو ئەسپ و سوارانەی کە لە بینینەکەدا بۆم ئاشکرا کران بەم شێوەیە بوون: سپەری ئاگرین و مرواریدار و گۆگردیان هەبوو، سەری ئەسپەکان وەك سەری شێر وابوون و لە دەمیانەوە ئاگر و دووکەڵ و گۆگرد دەردەچوو. [١٨]بەو سێ بەڵایە سێیەکی

[b] ١١ ئەبەدۆن: لە پەیمانی کۆن، ئەم وشەیە بە (لەناوبەر) وەرگێڕدراوە، بڕوانە ئەیوب ٦:٢٦.

مرۆڤایەتی کوژران، بە ئاگر و دووکەڵ و گۆگرد کە لە دەمیانەوە دەردەچوو. [١٩]هێزی ئەسپەکان لە دەم و کلکیانە بوو، چونکە کلکیان وەك مار سەری هەبوو خەڵکیان پێ ئازار دەدا.

[٢٠]پاشماوەی مرۆڤەکان کە بەو بەڵایانە نەکوژران، تۆبەیان لە کردەی دەستی خۆیان نەکرد. بەردەوام بوون لە کڕنۆشبردن بۆ ڕۆحی پیس و ئەو بتانەی کە لە زێڕ و زیو و بڕۆنز و بەرد و دار دروستکرابوون، کە ناتوانن ببیستن و ببینن و بڕۆن. [٢١]هەروەها لە کوشتن و فاڵچییێتی و داوێنپیسی و دزیکردن تۆبەیان نەکرد.

## فریشتە و تۆمارە بچووکەکە

١٠ پاشان فریشتەیەکی دیکەی بەهێزم بینی لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و بە هەور خۆی پۆشیبوو، پەلکەزێڕینە لەسەر سەری بوو، ڕووی وەك خۆر وابوو، پێیەکانی وەك ستوونی ئاگر وابوون. [٢]تۆمارێکی بچووکی کراوەی بەدەستەوە بوو. پێی ڕاستی لەسەر دەریا و چەپی لەسەر وشکانی دانا. [٣]بە دەنگێکی بەرز وەك نەڕەی شێر نەڕاندی. کاتێك نەڕاندی، حەوت هەورەگرمەکە بە دەنگەکانیان هاتنە دوان. [٤]کاتێك حەوت هەورەگرمەکە هاتنە دوان، بەتەمابووم بنووسم، بەڵام دەنگێکم لە ئاسمانەوە گوێ لێبوو دەیفەرموو: «ئەوەی حەوت هەورەگرمەکە گوتیان مۆری بکە و مەیاننووسە.»

[٥]ئەو فریشتەیەی بینیم لەسەر دەریا و وشکانی ڕاوەستابوو دەستی ڕاستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و [٦]سوێندی بە خودای زیندووی هەتاهەتایی خوارد، ئەوەی ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیاندایە بەدیهێناون، گوتی: «چیتر کاتەکە دواناخرێت! [٧]بەڵکو لە ڕۆژانی پێش لێدانی کەڕەنا لەلایەن فریشتەی حەوتەمەوە، پێش ئەوەی دەنگی کەڕەناکە بێت، نهێنی خودا دێتە دی، وەك چۆن خوداش مژدەی بە بەندە پێغەمبەرەکانی دا.»

[٨]ئەو دەنگەی لە ئاسمانەوە گوێم لێبوو دیسان قسەی لەگەڵ کردم و فەرمووی: «بڕۆ تۆمارە کراوەکە لە فریشتە ڕاوەستاوەکەی سەر دەریا و سەر وشکانی وەربگرە.» [٩]چوومە لای فریشتەکە و پێم گوت تۆمارە بچووکەکەم بداتێ، پێی گوتم: «بیبە و بیخۆ. گەدەت تاڵ دەکات، بەڵام لە دەمتدا وەك هەنگوین شیرین دەبێت.» [١٠]ئەوە بوو تۆمارە بچووکەکەم لە دەستی فریشتەکە وەرگرت و خواردم، لە دەممدا وەك هەنگوین شیرین بوو، بەڵام کە خواردم گەدەی تاڵ کردم. [١١]پاشان پێم گوترا: «دەبێت دووبارە پێشبینی لەسەر خەڵك و نەتەوە و زمان و پاشای زۆر بکەیت.»

## دوو شایەتەکە

١١ پاشان قامیشێکی وەك داری پێوانەم پێدرا، خوداش پێی فەرمووم: «هەستە، پەرستگای خودا و قوربانگا بپێوە و ئەو خەڵکانە بژمێرە کە تێیدا کڕنۆش دەبەن. [٢]بەڵام واز لە حەوشەی پەرستگا بهێنە و مەیپێوە، چونکە بە نەتەوەکان دراوە، چل و دوو مانگیش شاری پیرۆز پێشێل دەکەن. [٣]هەروەها توانا و دەسەڵات بە دوو شایەتەکەم دەدەم بۆ هەزار و دوو سەد و شەست ڕۆژ بە جلوبەرگی گوشەوە پەیامی خودا ڕابگەیەنن.» [٤]ئەمانە ئەو دوو دار زەیتوونە و ئەو دوو چرادانەن کە لەبەردەم پەروەردگاری جیهاندا ڕاوەستاون. [٥]ئەگەر یەکێك بیەوێت زیانیان پێ بگەیەنێت، ئاگر لە دەمیانەوە دەردەچێت و دوژمنانیان دەخوات. ئەگەر یەکێك بیەوێت زیانیان پێ بگەیەنێت دەبێت بەم شێوەیە بکوژرێت. [٦]ئەمانە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە لە کاتی ڕاگەیاندنی پەیامی خودا ئاسمان دابخەن، تاکو باران نەبارێت. هەروەها دەسەڵاتیان بەسەر ئاودا هەیە کە بیکەنە خوێن و زەوی تووشی هەموو بەڵایەك بکەن، هەر کاتێك بیانەوێ.

[٧]کاتێك شایەتییەکەیان تەواو کرد ئەو دڕندەیەی لە بیری بێ بن دێتە دەرەوە، لەگەڵیان دەجەنگێت، دەیانبەزێنێت و دەیانکوژێت. [٨]هەروەها تەرمەکانیان لەسەر شەقامی شارە گەورەکە دەبێت کە ناوی مەجازی سەدۆم و میسرە، لەوێش گەورەکەیان لە

خاچ درا. [٩]بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و نیو خەڵکانێك لە
هەموو گەل و هۆز و زمان و نەتەوەکان تەماشای
تەرمەکانیان دەکەن و ناهێڵن تەرمەکانیان بنێژرێن،
[١٠]هەروەها دانیشتووانی سەر زەوی پێی شاد دەبن
و شایی دەگێڕن و دیاری بۆ یەکتری دەنێرن، چونکە
ئەم دوو پێغەمبەرە دانیشتووانی سەر زەوییان ئازار
دابوو.

[١١]بەڵام پاش سێ ڕۆژ و نیو هەناسەی ژیان لە
خوداوە چووە ناویان، ئەوانیش هەستانەوە لەسەر
پێیەکانیان و ترسێکی گەورە کەوتە سەر ئەوانەی
تەماشایان دەکرد. [١٢]دەنگێکی بەرزیشیان لە
ئاسمانەوە بیست، پێی دەفەرموون: «سەربکەونە
ئێرە.» ئەوانیش لەبەرچاوی دوژمنانیان لە هەوردا بۆ
ئاسمان سەرکەوتن.

[١٣]هەر لەو کاتەدا بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوویدا
و دەیەکی شارەکە داڕما. حەوت هەزار کەس بە
بوومەلەرزەکە کوژران، ئەوانی دیکە ترسان و
ستایشی خودای ئاسمانیان کرد.

[١٤]نەهامەتی دووەم نەما، ئەوەتا نەهامەتی سێیەم
زوو دێت.

## کەڕەنای حەوتەم

[١٥]فریشتەی حەوتەمیش کەڕەناکەی لێدا و چەند
دەنگێکی بەرز لە ئاسمانەوە هاتن و گوتیان:

«شانشینی جیهان بووە شانشینی پەروەردگارمان
و مەسیحەکەی[a]،
مەسیحیش بۆ هەتاهەتایە پاشایەتی دەکات.»

[١٦]ئەو بیست و چوار پیرەی کە لەبەردەم خودا
لەسەر تەختەکانیان دانیشتبوون، خۆیان بە زەویدا دا
و کڕنۆشیان بۆ خودا برد، [١٧]گوتیان:

«سوپاست دەکەین، خودای پەروەردگاری هەرە
بە توانا،
ئەوەی هەیە و هەبووە،
چونکە هێزە گەورەکەی خۆتت وەرگرت و
دەستت بە فەرمانڕەوایی کرد.
[١٨]نەتەوەکان تووڕە بوون،
بەڵام کاتی تووڕەیی تۆش هاتووە.
کاتی لێپرسینەوەی مردووان هات،
بۆ پاداشتکردنی بەندە پێغەمبەرەکانت و
گەلە پیرۆزەکەت کە لە ناوی تۆ دەترسن، بە
گەورە و بچووکەوە،
هەروەها بۆ لەناوبردنی ئەوانەی زەوی
لەناودەبەن.»

[١٩]پەرستگای خوداش لە ئاسمان کرایەوە و
سندوقی پەیمانەکەی لە پەرستگاکەی دەرکەوت.
لەوێدا بووە هەورە بروسکە و دەنگەدەنگ و
هەورەگرمە و بوومەلەرزە و تەرزەی قەبارە گەورە
باری.

## ژن و ئەژدیها

١٢ نیشانەیەکی گەورەش لە ئاسماندا
دەرکەوت: ئافرەتێك خۆری پۆشی بوو،
مانگ لەژێر پێیدا و تاجێکی دوازدە ئەستێرەیی
لەسەر سەری بوو، [٢]سکی هەبوو، ئازاری هەبوو و
لەتاو ژانی منداڵبوون هاواری دەکرد. [٣]نیشانەیەکی
دیکەش لە ئاسماندا دەرکەوت: ئەژدیهایەکی
گەورەی سوور، حەوت سەر و دە شاخی هەبوو،
حەوت تاج لەسەر سەرەکانی بوون. [٤]کلکیشی
سێیەکی ئەستێرەی ئاسمانی ڕاکێشا و فڕێیدانە سەر
زەوی، ئەژدیهاکە لەبەردەم ئەو ئافرەتەی کە منداڵی
دەبوو وەستابوو، تاکو کە منداڵەکە بوو بیخوات.
[٥]ئیتر منداڵێکی نێرینەی بوو، ئەوەی لە داهاتوودا
بە گۆچانێکی ئاسنین فەرمانڕەوایەتی نەتەوەکان
دەکات. بەڵام منداڵەکەی بۆ لای خودا و تەختەکەی
ڕفێنرا. [٦]ئافرەتەکەش بەرەو چۆڵەوانی ڕایکرد، لەوێدا
شوێنێکی هەیە لەلایەن خوداوە ئامادە کراوە، تاکو

[a] ١٥ بڕوانە دانیال ١٣:٧-١٤.

لەوێ هەزار و دوو سەد و شەست[a] ڕۆژ بەخێو
بکرێت.
[٧]پاشان لە ئاسماندا بووە شەڕ، میکائیل و
فریشتەکانی لە دژی ئەژدیهاکە جەنگان، ئەژدیهاکە
و فریشتەکانیشی دژی ئەوان، [٨]بەڵام ئەژدیهاکە
بەهێز نەبوو، شوێنیان لە ئاسماندا نەما. [٩]ئەژدیهایە
گەورەکە فڕێدرایە خوارەوە، مارە دێرینەکە کە بە
ئیبلیس و شەیتان ناودەبردرێت، ئەوەی هەموو
جیهان گومڕا دەکات، فریشتەکانیشی لەگەڵیدا
فڕێدرانە سەر زەوی.
[١٠]جا گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو لە ئاسماندا
دەیفەرموو:

«ئێستا ڕزگاری و هێز و شانشینی خودامان و
دەسەڵاتی مەسیحەکەی هاتووە،
چونکە ئەو سکاڵاکارەی لە خوشک و براکانمان،
کە شەو و ڕۆژ لەبەردەم خوداماندا سکاڵای
لێیان دەکرد،
فڕێدرایە خوارەوە.
[١١]ئەوان بە خوێنی بەرخەکە و
بەو شایەتییەی کە دایان بەسەریدا سەرکەوتن،
ژیانی خۆیان خۆشنەویست و پێشوازییان لە
مەرگ کرد.
[١٢]بۆیە ئەی ئاسمان و ئەوانەی تێیدا نیشتەجێن،
دڵخۆش بن!
بەڵام قوڕبەسەر زەوی و دەریا،
چونکە ئیبلیس بۆتان دابەزیوە!
تووڕەییەکی گەورەی پێیە،
چونکە دەزانێت کاتێکی کورتی هەیە.»

[١٣]کاتێک ئەژدیهاکە خۆی بینی فڕێدراوەتە
سەر زەوی، ئافرەتەکەی ڕاونا کە کوڕەکەی لێبوو.
[١٤]ئافرەتەکە هەردوو باڵی هەڵۆیەکی گەورەی پێدرا
تاکو بۆ چۆڵەوانی و شوێنی خۆی بفڕێت و لەوێدا
بۆ ماوەی چل و دوو مانگ دوور لە مارەکە بەخێو
بکرێت. [١٥]مارەکەش لە دەمیەوە ئاوێکی وەک ڕووبار
بەدوای ئافرەتەکەدا فڕێدا بۆ ئەوەی ئاو بیبات.
[١٦]زەوی یارمەتی ئافرەتەکەی دا، زەوی دەمی کردەوە
و ئەو ڕووبارەی قووت دا کە ئەژدیهاکە لە دەمیەوە
فڕێیدا. [١٧]ئەژدیهاکە لە ئافرەتەکە تووڕە بوو، چوو
لەگەڵ نەوەکانی دیکەی بجەنگێت، ئەوانەی
ڕاسپاردەکانی خودا بەجێدەگەیەنن و پابەندن بە
شایەتییان بۆ عیسا.

١٣ ئەژدیهاکەش لەسەر لمی دەریا ڕاوەستا.

## دەرکەوتنی دڕندەیەک لە دەریا

ئینجا دڕندەیەکم بینی لە دەریاکە دەهاتە دەرەوە،
دە شاخ و حەوت سەری هەبوو، دە تاجیش لەسەر
شاخەکانی بوون، لەسەر سەرەکانیشی ناوی کفرکردن
هەبوو. [٢]ئەو دڕندەیەی بینیم لە پڵنگ دەچوو، پێی
وەک ورچ و دەمی وەک دەمی شێر بوو. ئەژدیهاکەش
توانا و تەختی خۆی و دەسەڵاتێکی گەورەی دایە
دڕندەکە. [٣]سەرێک لە سەرەکانی دڕندەکە وەک بۆ
مردن سەربڕابێت، بەڵام برینە کوشندەکەی ساڕێژ
ببوو. هەموو زەویش بە سەرسامییەوە بەدوای
دڕندەکە کەوتن، [٤]کڕنۆشیان بۆ ئەژدیهاکە برد،
چونکە دەسەڵاتی بە دڕندەکە دابوو، کڕنۆشیان بۆ
دڕندەکەش برد و گوتیان: «کێ وەک دڕندەکە وایە؟
کێ دەتوانێت لە دژی بجەنگێت؟»
[٥]دڕندەکە دەمێکی پێدرابوو، قسەی گەورە و کفری
دەکرد، هەروەها چل و دوو مانگی پێدرابوو تاکو
دەسەڵات بەکاربهێنێت. [٦]ئیتر دەمی کردەوە و کفری
بە خودا کرد و جنێوی بە ناوی خودا و نشینگەکەی
و دانیشتووانی ئاسمان دەدا. [٧]ڕێگەی پێدرابوو لە
دژی گەلی پیرۆزی خودا بجەنگێت و بیانبەزێنێت،
دەسەڵاتیشی پێدرابوو بەسەر هەموو هۆز و گەل
و زمان و نەتەوەیەکدا. [٨]هەموو دانیشتووانی
سەر زەویش کڕنۆشی بۆ دەبەن، ئەوانەی ناویان
لە پەڕتووکی ژیانی بەرخەکەدا نەنووسراوە، ئەو
بەرخەی کە لە دامەزراندنی جیهانەوە سەربڕدراوە.
[٩]ئەوەی گوێی هەیە، با ببیستێت.

[a] ٦ دەکاتە چل و دوو مانگ یان سێ ساڵ و نیو. بڕوانە ٢:١١ و ١٤:١٢.

١٠ ئەگەر یەکێك بۆ ڕاپێچکردن بچێت،
ڕاپێچ دەکرێت.
ئەگەر یەکێك بە شمشێر بکوژرێت،
بە شمشێر دەکوژرێت[a].

ئەم بانگەوازە بۆ دانبەخۆداگرتن و دڵسۆزی گەلی پیرۆزی خودایە.

## دەرکەوتنی دڕندەیەك لە زەوی

١١ دڕندەیەکی دیکەم بینی لە زەوییەوە دەهاتە دەرەوە، دوو شاخی وەك بەرخی هەبوو، بەڵام وەك ئەژدیها دەدوا. ١٢ بە تەواوی دەسەڵاتی دڕندەی یەکەم بۆ ئەو پەیڕەو دەکات، وا لە زەوی و دانیشتووانی سەری دەکات کڕنۆش بۆ دڕندەی یەکەم ببەن، کە برینە کوشندەکەی ساڕێژ ببوو. ١٣ نیشانەی گەورە دەکات، تەنانەت وا دەکات لەبەرچاوی خەڵك ئاگر لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە بۆ زەوی. ١٤ هەروەها بەو نیشانانەی کە پێی دراوە لە پێناوی دڕندەی یەکەمدا بیکات، دانیشتووانی سەر زەویی گومڕا کرد. فەرمانی بە خەڵکی سەر زەوی دا پەیکەرێك بۆ ئەو دڕندەیە دابمەزرێنن کە بە شمشێر بریندار کرا و بە زیندوویی مایەوە. ١٥ هەروەها ڕێگەی پێدرابوو هەناسە بداتە پەیکەری دڕندەی یەکەم تاکو پەیکەری دڕندەکە قسە بکات و وا بکات هەموو ئەوانەی کڕنۆش بۆ پەیکەری دڕندەکە نابەن بکوژرێن. ١٦ وای لە هەمووانیش دەکرد، گەورە و بچووك، دەوڵەمەند و هەژار، ئازاد و کۆیلە، نیشانەیەك لەسەر دەستی ڕاستیان یان لەسەر ناوچەوانیان دروستبکرێت، ١٧ تاکو کەس نەتوانێت بکڕێت یان بفرۆشێت، تەنها ئەوە نەبێت نیشانەکەی پێوەیە. نیشانەکەش ناوی دڕندەکەیە یان ژمارەی ناوەکەی.

١٨ ئەمە بانگەوازە بۆ دانایی: ئەوەی تێدەگات، با ژمارەی دڕندەکە لێکبداتەوە، چونکە ئەوە ژمارەی مرۆڤە کە ژمارەکەی شەش سەد و شەست و شەشە[b].

[a] ١٠ یەرمیا ٢:١٥.

[b] ١٨ ژمارەی هێمایی بە واتای کەمکراوەی لە ژمارەی خودا ٧٧٧ کە ژمارەیەکی تەواوە.

## بەرخەکە و گۆرانی جەماوەر

١٤ پاشان بینیم بەرخەکە لەسەر کێوی سییۆن ڕاوەستابوو، سەد و چل و چوار هەزار کەسی لەگەڵ بوو، ناوی ئەو و ناوی باوکی ئەویان لەسەر ناوچەوانیان[c] نووسرابوو. ٢ لە ئاسمانەوە دەنگێکم بیست وەك خوڕەی ئاوێکی زۆر و دەنگی هەورەگرمەیەکی گەورە. ئەو دەنگە کە گوێم لێ بوو وەك دەنگی قیسارەش وابوو کە ژەنیاران دەیژەنن. ٣ لەبەردەم تەختەکە و لەبەردەم چوار بوونەوەرەکە و پیرەکان سروودێکی نوێیان دەگوت. کەس نەیدەتوانی سروودەکە فێرببێت جگە لەو سەد و چل و چوار هەزارەی لە زەوییەوە کڕابوونەوە. ٤ ئەوانە ئەو کەسانەن کە خۆیان لەگەڵ ئافرەت گڵاو نەکردووە، چونکە پاکن، ئەوانە بەدوای بەرخەکە دەکەون بۆ هەرکوێ بڕوات، ئەوانە لەنێو خەڵك کڕدراونەتەوە وەك نۆبەرە بۆ خودا و بەرخەکە. ٥ درۆ لە دەمیاندا نادۆزرێتەوە، گلەییان لەسەر نییە.

## سێ فریشتەکە

٦ ئینجا فریشتەیەکی دیکەم بینی لەناوەڕاستی ئاسماندا دەفڕی، مزگێنی هەتاهەتایی پێبوو، تاکو بۆ دانیشتووانی سەر زەوی ڕابگەیەنێت، بۆ هەموو نەتەوە و هۆز و زمان و گەلێك. ٧ بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: «لە خودا بترسن و ستایشی بکەن، چونکە کاتی حوکمدان هاتووە. کڕنۆش بۆ دروستکەری ئاسمان و زەوی و دەریا و کانیاوەکان ببەن.»

٨ فریشتەیەکی دووەم، لەدوایەوە دەیگوت: «کەوت! بابلی گەورە کەوت، ئەوەی بەم جۆرەی کرد هەموو نەتەوەکان شەرابی تووڕەیی داوێنپیسییەکەی بخۆنەوە.»

٩ فریشتەیەکی سێیەم، لە دوایانەوە بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: «ئەوەی کڕنۆش بۆ دڕندەکە و پەیکەرەکەی ببات و نیشانەی سەر دەستی یان نێوچەوانی وەربگرێت، ١٠ ئەویش شەرابی تووڕەیی

[c] ١ بڕوانە حزقیێل ٤:٩.

خودا دەخواتەوە، کە بە سادەیی لە جامی
تووڕەییەکەی ڕژاوە. لەبەردەم فریشتە پیرۆزەکان
و بەرخەکەدا بە ئاگر و گۆگرد ئازار دەدرێت.
[11]دووکەڵی ئازاریان بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە.
ئەوانەی کڕنۆش بۆ دڕندەکە و پەیکەرەکەی دەبەن،
ئەوەی نیشانەی ناوەکەی وەربگرێت شەو و ڕۆژ
پشوویان نابێت.»

[12]ئەمە بانگەوازە بۆ دانبەخۆداگرتنی گەلی پیرۆزی
خودا کە ڕاسپاردەکانی ئەوانەی بەجێدەگەیەنن و
باوەڕی عیسا دەپارێزن.

[13]گوێم لە دەنگێك بوو لە ئاسمانەوە دەیگوت:
«بنووسە: خۆزگە دەخوازرێت بەو مردووانەی لە
ئێستاوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای خاوەن شکۆ
دەمرن!»

ڕۆحی پیرۆز دەفەرمووێ: «بەڵێ، بۆ ئەوەی لە
ماندووبوونیان بحەسێنەوە، چونکە کردەوەکانیان
شوێنیان دەکەون.»

## دروێنەی زەوی

[14]پاشان تەماشام کرد، ئەوەتا هەورێکی سپی
و لەسەر هەورەکە یەکێکی وەك کوڕی مرۆڤ[a]
دانیشتووە، تاجێکی زێڕینی لەسەر بوو و داسێکی
تیژی بەدەستەوە بوو. [15]فریشتەیەکی دیکە لە
پەرستگا هاتە دەرەوە و بە دەنگێکی بەرز بانگی
دانیشتووی سەر هەورەکەی کرد: «داسەکەت
هەڵگرە و بدروەوە، چونکە کاتی دروێنە هاتووە و
بەرهەمی زەوی پێگەیشتووە.» [16]جا دانیشتووی سەر
هەورەکە داسەکەی بۆ سەر زەوی وەشاند و زەوی
دروێنە کرا.

[17]فریشتەیەکی دیکە لە پەرستگاکەی لە
ئاسمانە دەرچوو و ئەویش داسێکی تیژی پێبوو.
[18]فریشتەیەکی دیکە لە قوربانگاوە دەرچوو و
دەسەڵاتی بەسەر ئاگردا هەبوو. بە دەنگێکی
بەرز بە ئەوەی گوت کە داسە تیژەکەی پێبوو:
«داسە تیژەکەت هەڵگرە و هێشووەکانی ڕەزی

[a] ١٤ بڕوانە دانیال ١٣:٧.

زەوی کۆبکەرەوە، چونکە ترێیەکەی پێگەیشتووە.»
[19]فریشتەکە داسەکەی وەشاندە زەوی و ڕەزەکانی
زەوی ڕنی و فڕێیدایە ناو گوشەرە گەورەکەی
تووڕەیی خودا. [20]گوشەرەکە[b] لە دەرەوەی شار
گوشرا، تاکو بەرزی لغاوی ئەسپ، هەزار و شەش
سەد ستادیا[c] خوێن لە گوشەرەکە دەرچوو.

## گۆرانی موسا

١٥ پاشان نیشانەیەکی دیکەم لە ئاسماندا
بینی، گەورە و سەیر: حەوت فریشتە
حەوت دەردی کۆتاییان پێبوو، چونکە تووڕەیی خودا
لەوانەدا تەواو دەبێت.

[2]پاشان شتێکی وەك دەریای شووشەیی تێکەڵ
بە ئاگرم بینی و ئەوانەی دڕندەکە و پەیکەرەکەی
و ژمارەی ناوەکەیان بەزاندبوو لەسەر دەریا
شووشەییەکە ڕاوەستابوون و قیسارەی خودایان
پێبوو. [3]سروودی موسای بەندەی خودا و سروودی
بەرخەکەیان دەچڕی، دەیانگوت:

«ئەی یەزدان، خودای هەرە بە توانا،
کارەکانت گەورە و سەیرە!
ئەی پاشای نەتەوەکان،
ڕێگاکانت ڕاست و دادپەروەرە.
[4]ئەی یەزدان، کێ لە تۆ ناترسێت و
ناوت شکۆدار ناکات؟
چونکە تۆ تاقە پیرۆزیت.
هەموو نەتەوەکان دێن و کڕنۆشت بۆ دەبەن،
چونکە دادپەروەرییەکانت دەرکەوتوون.»

[5]پاش ئەوە سەیرم کرد، پەرستگاکە لە ئاسماندا
کرایەوە کە چادری پەرستنە، چادری پەیمانە. [6]حەوت
فریشتەکە لە پەرستگاکە هاتنە دەرەوە و حەوت
دەردەکەیان پێبوو، کەتانی پاك و پرشنگداریان پۆشی
بوو، چەند پشتێنێکی زێڕینیان لە سنگ بەستبوو.
[7]یەکێك لە چوار بوونەوەرەکە حەوت جامی زێڕینی

[b] ٢٠ بڕوانە ئیشایا ٣:٦٣.

[c] ٢٠ دەکاتە نزیکەی سێ سەد کیلۆمەتر.

پڕ لە تووڕەیی خودای هەمیشە زیندووی دا بە
حەوت فریشتەکە. ٨پەرستگاکەش پڕبوو لە دووکەڵ
بە شکۆی و هێزی خودا و کەس نەیتوانی بچێتە
ناو پەرستگاکەوە، هەتا حەوت دەردەکەی حەوت
فریشتەکە تەواو نەبوون.

## حەوت جامی تووڕەیی خودا

١٦ ئینجا لە پەرستگاکەوە گوێم لە دەنگێکی
بەرز بوو بە حەوت فریشتەکەی
دەفەرموو: «بڕۆن حەوت جامەکەی تووڕەیی خودا
بەسەر زەویدا بڕێژن.» ٢فریشتەی یەکەم چوو و
جامەکەی خۆی بەسەر زەویدا ڕژاند، جا دومەڵی
پیس و ئازاربەخش لەوانە دەرکەوت کە نیشانەی
دڕندەکەیان هەڵگرتبوو و کڕنۆشیان بۆ پەیکەرەکەی
بردبوو.
٣فریشتەی دووەمیش جامەکەی خۆی ڕژاندە
سەر دەریا و وەك خوێنی مردووی لێهات، هەموو
زیندەوەرێکی ناو دەریا مردن.
٤فریشتەی سێیەم جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر
ڕووبار و کانیاوەکان، بووە خوێن. ٥گوێم لە فریشتەی
ئاوەکان بوو دەیگوت:

«تۆ دادپەروەریت، ئەی ئەوەی هەیە و هەبووە،
پیرۆزەکە،
چونکە ئاوا حوکمت داوە،
٦چونکە ئەوانە خوێنی پێغەمبەران و گەلی
پیرۆزی تۆیان ڕشتووە،
تۆش خوێنت پێدان بیخۆنەوە، چونکە شایانی
ئەوەن.»

٧گوێم لە قوربانگاکە بوو دەیگوت:

«بەڵێ ئەی خودای پەروەردگاری هەرە بە توانا،
حوکمەکانت ڕاست و دادپەروەرن.»

٨فریشتەی چوارەم جامەکەی خۆی ڕژاندە سەر
خۆر و پێی درابوو خەڵکی بە ئاگر بسووتێنێت.
٩خەڵك بە گەرمایەکی گەورە سووتان، کفریان بە
ناوی خودا کرد، ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ئەم
دەردانەدا هەیە، بەڵکو تۆبەیان نەکرد تاکو شکۆداری
بکەن.
١٠فریشتەی پێنجەم جامەکەی ڕژاندە سەر
تەختی دڕندەکە، شانشینەکەی تاریك بوو، خەڵکی
شانشینەکە لەتاو ئازار زمانی خۆیان دەگەست.
١١لەتاو ئازار و برینیان کفریان بە خودای ئاسمان کرد
بەڵام تۆبەیان لە کردەوەکانیان نەکرد.
١٢فریشتەی شەشەم جامەکەی ڕژاندە سەر
ڕووباری گەورەی فورات، ئیتر ئاوەکە وشکی کرد،
تاکو ڕێگای پاشاکانی ڕۆژهەڵات خۆش بکات.
١٣ئینجا سێ ڕۆحی پیسی وەك بۆقم بینی لە دەمی
ئەژدیهاکە و دەمی دڕندەکە و دەمی پێغەمبەرە
درۆزنەکە دەهاتنە دەرەوە. ١٤ئەوانە ڕۆحی شەیتانین
کە پەرجوو دەکەن، دەچنە لای پاشاکانی هەموو
جیهان، تاکو لەو ڕۆژە گەورەیەی خودای هەرە بە
تواناد ا بۆ جەنگ کۆیان بکەنەوە.
١٥مەسیح دەفەرموێ: «ئەوەتا وەك دزێك دێم! خۆزگە
دەخوازرێت بەوەی ئێشك دەگرێت و جلوبەرگەکانی
دەپارێزێت، نەوەك ئابڕووی ببینرێت و بە ڕووتی
بڕوات.»[a]

١٦پاشان ڕۆحەکان لە شوێنێکدا کۆی کردنەوە کە بە
عیبری پێی دەگوترێ «هارمەگیدۆن[b]».
١٧فریشتەی حەوتەم جامەکەی خۆی بە هەوادا
ڕژاند، دەنگێکی بەرز لە پەرستگاکە و لە تەختەکەوە
هات، گوتی: «هاتە دی!» ١٨پاشان هەورە بروسکە و
دەنگەدەنگ و هەورەگرمە پێدابوو، بوومەلەرزەیەکی
گەورە ڕوویدا، تەنانەت لەو کاتەوەی خەڵك لەسەر
زەوین شتی وا ڕووی نەداوە، بوومەلەرزەکە زۆر
بەهێز بوو. ١٩شارە گەورەکە بووە سێ بەش،
شارەکانی نەتەوەکانیش کەوتن. خوداش بابلی
گەورەی بەبیر هاتەوە تاکو جامی شەرابی تووڕەیی
هەڵچووی خۆی بداتێ. ٢٠هەموو دوورگەکان

[a] ١٥ بڕوانە مەتا ٢٤:٣٦-٤٤.
[b] ١٦ عیبری: چیای مەگیدۆ، بڕوانە ڕابەران ١٩:٥.

ڕایانکرد و چیاکان نەدۆزرانەوە. ٢١تەرزەیەکی گەورە کە قورساییەکەی یەک تالنت[a] دەبوو لە ئاسمانەوە بەسەر خەڵکیدا باری، لەتاو لێدانی تەرزەکە کفریان بە خودا کرد، چونکە لێدانەکەی زۆر گەورە بوو.

## بابل دایکی داوێنپیسانە

١٧ ئینجا یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێبوو پێی گوتم: «وەرە با سزای لەشفرۆشە گەورەکەت پیشان بدەم کە لەسەر ئاوە زۆرەکان دانیشتووە. ٢ئەوەی پاشاکانی زەوی داوێنپیسییان لەگەڵ کردووە و دانیشتووانی سەر زەوی بە شەرابی داوێنپیسییەکەی سەرخۆش بوون.»

٣پاشان فریشتەکە بە ڕۆحی پیرۆز بردمییە چۆڵەوانی، بینیم ژنێک لەسەر دڕندەیەکی قرمزی دانیشتووە کە بە ناوی کفر داپۆشرابوو، دڕندەکە حەوت سەر و دە شاخی هەبوو. ٤ژنەکە ئەرخەوانی و قرمزی پۆشرا بوو، بە زێڕ و بەردی گرانبەها و مرواری ڕازابووەوە، جامێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو، پڕ لە قێز و گڵاوی داوێنپیسییەکەی. ٥لەسەر ناوچەوانیشی ناوێکی نهێنی نووسرابوو:

«بابلی گەورە،
دایکی لەشفرۆشان و
قێزەونانی زەوی.»

٦هەروەها بینیم کە ژنەکە بە خوێنی گەلی پیرۆزی خودا و خوێنی شەهیدانی عیسا سەرخۆش ببوو. بە بینینی زۆر سەرسام بووم.

٧فریشتەکە پێی گوتم: «بۆ سەرسام بوویت؟ نهێنی ژنەکە و ئەو دڕندەیەی هەڵیگرتووە پێت دەڵێم کە حەوت سەر و دە شاخی هەیە. ٨ئەو دڕندەیەی بینیت هەبووە و ئێستا نییە، خەریکە لە بیری بێ بن دەردەچێت و بۆ لەناوچوون دەڕوات. دانیشتووانی سەر زەوی، ئەوانەی لە دامەزراندنی جیهانەوە ناویان لە پەڕتووکی ژیاندا نەنووسراوە، کاتێک دڕندەکە دەبینن سەرسام دەبن، چونکە دڕندەکە پێشتر هەبووە و ئێستا نییە، بەڵام لە داهاتوودا دێتەوە.

٩«ئەمە بانگەوازە بۆ مێشکی دانا: حەوت سەرەکە حەوت گردن[b] کە ژنەکە لەسەریان دانیشتووە، ١٠حەوت پاشاکەش، پێنجیان کەوتن و یەکێکیان هەیە و ئەوی دیکە هێشتا نەهاتووە، کاتێکیش دێت پێویستە کەمێک بمێنێتەوە. ١١ئەو دڕندەیەی هەبووە و ئێستا نییە هەشتەمینە، بەڵام لە حەوتەکەیە و بۆ لەناوچوون دەڕوات. ١٢ئەو دە شاخەی بینیت دە پاشان، هێشتا شانشینیان وەرنەگرتووە، بەڵام بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لەگەڵ دڕندەکە وەکو پاشا دەسەڵات وەردەگرن. ١٣ئەوانە یەک مەبەستیان هەیە، هێز و دەسەڵاتی خۆیان دەدەنە دڕندەکە. ١٤ئەوانە لەگەڵ بەرخەکە دەجەنگن و بەرخەکە دەیانبەزێنێت، چونکە گەورەی گەورانە و پاشای پاشایانە، ئەوانەی لەگەڵیدان بانگکراو و هەڵبژێردراو و دڵسۆزن.»

١٥ئینجا پێی گوتم: «ئەو ئاوانەی بینیت، کە لەشفرۆشەکە لەوێ دانیشتووە، گەل و خەڵک و نەتەوە و زمانن. ١٦دە شاخەکە و دڕندەکەی کە بینیت، ڕق لە لەشفرۆشەکە هەڵدەگرن، وێران و ڕووتی دەکەنەوە، گۆشتەکەی دەخۆن و بە ئاگر دەیسووتێنن، ١٧چونکە خودا خستوویەتییە دڵیان بە مەبەستی بکەن و ڕێک بکەون، دەسەڵاتیان بدەنە دڕندەکە، هەتا وشەکانی خودا بێتە دی. ١٨ئەو ژنەی بینیشت ئەو شارە گەورەیە کە دەسەڵاتی بەسەر پاشاکانی زەویدا هەیە.»

## کەوتنی بابل

١٨ پاش ئەوەش فریشتەیەکی دیکەم بینی لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو، زەویش بە شکۆی ئەو ڕووناک بووەوە. ٢بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گوتی:

[a] ٢١ یەک تالنت، نزیکەی سی و چوار کیلۆگرامە.

[b] ٩ مەبەست لە شاری ڕۆمایە کە لەسەر حەوت گرد بنیاد نراوە.

«کەوت! بابلی گەورە کەوت!
بووە جێنشینی جنۆکەکان و
پەناگای هەموو ڕۆحە پیسەکان،
پەناگای هەموو باڵندەیەکی گڵاو،
پەناگای هەموو ئاژەڵێکی گڵاو و قێزەون.
٣لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەکان
لە شەرابێکی زۆری داوێنپیسی ئەویان
خواردووەتەوە.
پاشاکانی زەوی داوێنپیسییان لەگەڵدا کردووە،
بازرگانانی زەویش بە توانای سەڵتەنەتی ئەو
دەوڵەمەند بوون.»

٤گوێم لە دەنگێکی دیکە بوو لە ئاسمانەوە
دەیفەرموو:

«ئەی گەلی من لێی دەربچن،
تاکو بەشداری لە گوناهەکانی نەکەن،
تاکو دەردەکانی نەگرن.
٥چونکە گوناهەکانی تاکو ئاسمان بەرزبوونەوە و
خوداش خراپی ئەوی بە یاد هاتەوە.
٦سزای بدەنەوە وەك ئەویش سزای دایەوە و
بەگوێرەی کردارەکانی خۆی دووقاتی بدەنەوە،
لەو جامەی تێیدا تێکەڵی کرد دووقاتی بۆ
تێکەڵ بکەنەوە.
٧هێندەی ئەوەی کە خۆی بە گەورە داناوە و
خۆش ڕاییبواردووە،
ئازار و خەمی بدەنێ، چونکە لە دڵی خۆیدا
دەڵێت:
”من وەك شاژن دانیشتووم و بێوەژن نیم،
هەرگیز شیوەن ناگێڕم.“
٨لەبەر ئەوە دەردەکانی لە ڕۆژێکدا دێن،
مردن و شیوەن و قاتوقڕی.
بە ئاگریش دەسووتێت،
خودای پەروەردگار ئەوەی حوکمی دەدات،
بەهێزە.

٩«پاشاکانی زەوی، ئەوانەی لەگەڵیدا داوێنپیسییان
کردووە و لە ژیاندا خۆشیان ڕابواردووە، کاتێك
دووکەڵی سووتانەکەی دەبینن بۆی دەگرییێن و
شیوەنی بۆ دەگێڕن. ١٠لە ترسی ئازارەکەی لە دوور
دەوەستن و دەڵێن:

«”ئەی شارە مەزنەکە، قوڕت بەسەر، قوڕت
بەسەر!
ئەی بابل، شارە بەهێزەکە!
چونکە لە کاتژمێرێکدا سزادانت هات.“

١١«بازرگانانی زەوی دەگرییێن و شیوەنی بۆ
دەگێڕن، چونکە ئیتر کەس شتومەکیان لێ ناکڕێت،
١٢شتومەکی زێڕ و زیو و بەردی گرانبەها و مرواری،
کەتانی ناسك و ئەرخەوانی و حەریر و قرمز، هەموو
دارێکی بۆندار و هەموو شتێکی دروستکراو لە عاج
و هەموو قاپێك لە داری گرانبەها، بڕۆنز و ئاسن و
مەڕمەڕ، ١٣دارچین و بۆنوبەرام و بخوور و موڕ و
لبان[a]، شەراب و ڕۆنی زەیتوون و باشترین ئارد و
گەنم، مەڕوماڵات، ئەسپ و گالیسکە و مرۆڤی وەك
کۆیلە فرۆشراو.»
١٤دەڵێن: «بەرهەمی شەیدای دڵت لە دەست
چوو، هەموو دەوڵەمەندی و سەڵتەنەتت لێ بڕا و
ئیتر هەرگیز نایاندۆزیتەوە.» ١٥بازرگانانی ئەم شتانە
کە بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەند بوون، لە ترسی
ئازارەکەی لە دوور دەوەستن، دەگرییێن و شیوەنی
بۆ دەگێڕن و ١٦دەڵێن:

«”قوڕت بەسەر! قوڕت بەسەر، ئەی شارە
گەورەکە،
کە بە کەتانی ناسك و ئەرخەوانی و قرمز
پۆشرابوویت،
بە زێڕ و بەردی گرانبەها و مرواری
ڕازابوویتەوە!
١٧چونکە لە یەك کاتژمێردا دەوڵەمەندییەکی ئاوا
لەدەست چوو!“

«هەموو کەشتیوانان و گەشتیاران و کرێکارانی
نێو کەشتی، لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە دەریادا

[a] ١٣ جۆرێکی تایبەتە لە بخوور و لە دار دروستدەکرێ.

کار دەکەن، لە دوور دەوەستن. ١٨کاتێك چاویان بە
دووکەڵی سووتانەکەی دەکەوێت، هاوار دەکەن و
دەڵێن: ”چ شارێك وەکو شارە گەورەکەیە؟“ ١٩خۆڵ
بە سەری خۆیاندا دەکەن، بە گریان و شیوەنەوە
هاوار دەکەن و دەڵێن:

«”قوڕت بەسەر! قوڕت بەسەر، ئەی شارە
گەورەکە!
ئەوەی هەموو خاوەن کەشتی دەریا بە
سامانەکەی دەوڵەمەند بوون!
لە کاتژمێرێکدا بەفیڕۆ چوو!

٢٠«”ئەی ئاسمان و گەلی پیرۆزی خودا و نێردراوان
و پێغەمبەران پێی دڵشاد بن!
چونکە خودا لە بەرژەوەندی ئێوە حوکمی
ئەوی دا.“»

٢١ئینجا فریشتەیەکی بەهێز بەردێکی هەڵگرت،
وەك بەردی ئاش گەورە بوو، فڕێیدایە دەریاوە و
گوتی:

«ئاوا بە توندی شاری بابلی گەورە فڕێدەدرێت،
هەرگیز نادۆزرێتەوە.
٢٢ئیتر دەنگی ژەنیارانی قیسارە و مۆسیقا و
شمشاڵ و کەڕەنا
تێیدا نابیسترێت.
هەرگیز وەستای هیچ پیشەیەکیش لە تۆدا
نادۆزرێتەوە،
دەنگی ئاش لە تۆدا نابیسترێت.
٢٣هیچ چرایەك تێیدا هەڵناکرێت،
ئیتر دەنگی بووك و زاوا تێیدا نابیسترێت.
بازرگانەکانت گەورەی زەوی بوون و
هەموو نەتەوەکان بە جادووگەری تۆ
گومڕابوون.
٢٤تێیدا خوێنی پێغەمبەران و گەلی پیرۆزی خودا و
هەموو ئەوانەی لەسەر زەویدا کوژران
دۆزراونەتەوە.»

## هەلیلویا! حوکمڕانی بۆ یەزدان

١٩ پاش ئەوەش گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو
وەك دەنگی خەڵکانێکی زۆر لە ئاسمانەوە
دەیگوت:

«هەلیلویا!
ڕزگاری و شکۆ و هێز بۆ خودامانە،
٢ چونکە حوکمەکانی ڕاست و دادپەروەرن.
لەشفرۆشە گەورەکەی تاوانبار کرد
کە بە داوێنپیسییەکەی زەویی گەندەڵ دەکرد.
تۆڵەی خوێنی بەندەکانی خۆی لێکردەوە.»

٣دووبارە گوتیانەوە:

«هەلیلویا!
دووکەڵەکەی بۆ هەتاهەتایە بەرز دەبێتەوە.»

٤بیست و چوار پیرەکە و چوار بوونەوەرەکە
کەوتنە سەر چۆك و کڕنۆشیان بۆ خودای دانیشتووی
سەر تەختەکە برد، گوتیان:

«ئامین. هەلیلویا!»

٥دەنگێك لەلای تەختەکەوە هات، گوتی:

«ستایشی خودامان بکەن ئەی هەموو
بەندەکانی،
ئەوانەی لێی دەترسن، گەورە و بچووك.»

٦پاشان گوێم لە دەنگێك بوو وەك دەنگی
خەڵکێکی ئێجگار زۆر، وەك دەنگی خوڕەی ئاوێکی
زۆر و وەك دەنگی هەورەگرمەی بەهێز بوو،
دەیگوت:

«هەلیلویا!
خودای پەروەردگارمان هەرە بە توانایە،
حوکومڕانی دەکات.
٧با دڵخۆش و شاد بین، شکۆداری بکەین،
چونکە زەماوەندی بەرخەکە هاتووە و
بووکەکەی خۆی ئامادە کردووە.
٨ کراسێکی کەتانی ناسکی پاك و پرشنگداری
پێدرابوو لەبەری بکات.»

ئەم کەتانە ناسکە هێمای کردارە ڕاستودروستەکانی
گەلی پیرۆزی خودایە.

[٩]پێی گوتم: «بنووسە، خۆزگە دەخوازرێت
بەوانەی بۆ خوانی زەماوەندی بەرخەکە بانگهێشت
کراون!» هەروەها پێی گوتم: «ئەمانە وشە
ڕاستەکانی خودان.»
[١٠]کەوتمە بەرپێی تاکو کڕنۆشی بۆ ببەم. بەڵام پێی
گوتم: «وا مەکە! منیش لەگەڵ تۆ و خوشك و برایانت
بەندەی هاوکارم، ئەوانەی پابەندن بە شایەتییان بۆ
عیسا. کڕنۆش بۆ خودا ببە! چونکە ئەو ڕۆحەی کە
سروشی بە پێغەمبەرەکان داوە، هەر ئەو شایەتی بۆ
مەسیح دەدات.»

## سواری ئەسپێکی سپی

[١١]پاشان ئاسمانم بە کراوەیی بینی، ئەسپێکی
سپیم بینی و سوارەکەی بە «دڵسۆز» و «ڕاستگۆ»
ناودەبردرا. بە دادپەروەری حوکم دەدات و
دەجەنگێت. [١٢]چاوەکانی وەك گڕی ئاگر وابوون
و ژمارەیەکی زۆر تاجی بە سەرەوەبوو، ناوێکی
نووسراوی هەیە، خۆی نەبێت کەس نایزانێت.
[١٣]کەوایەکی لە خوێن هەڵکێشراوی[a] لەبەربوو،
ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێ «وشەی خودا»یە.
[١٤]لەشکرەکانی ئاسمان بە سواری ئەسپی سپی شوێنی
دەکەوتن و کەتانی ناسکی سپی پاکیان لەبەردا
بوو. [١٥]لە دەمیەوە شمشێرێکی تیژ دەردەچوو، تاکو
پێی لە نەتەوەکان بدات. ﴿بە گۆچانێکی ئاسنین
شوانەتییان دەکات.﴾[b] گوشەری شەرابی تووڕەیی
هەڵچووی خودای هەرە بە توانا دەگوشێت.
[١٦]ناوێکی هەیە لەسەر کەوا و ڕانی نووسراوە:
«پاشای پاشایان و گەورەی گەورەیان.»

[١٧]فریشتەیەکی دیکەم بینی لەبەر خۆردا
ڕاوەستابوو، بە دەنگێکی بەرز هاواری لە هەموو
باڵندە فڕیوەکانی ناوەڕاستی ئاسمان کرد و گوتی:
«وەرن کۆببنەوە، بۆ شێوی گەورە کە هی خودایە،
[١٨]تاکو گۆشتی پاشاکان و گۆشتی سوپاسالارەکان و
گۆشتی بەهێزان، گۆشتی ئەسپەکان و سوارەکانیان،
گۆشتی هەمووان، ئازاد و کۆیلە، گەورە و بچووك
بخۆن.»
[١٩]هەروەها دڕندەکە و پاشاکانی زەوی و
لەشکرەکانیانم بینی کۆببوونەوە، تاکو لە دژی
سوارەکە و سوپاکەی بجەنگن. [٢٠]دڕندەکە و
پێغەمبەرە درۆزنەکەی یاوەری دەستگیر کران،
ئەوەی نیشانەی لە پێناوی کرد و بەهۆیەوە ئەوانەی
چەواشە کرد کە نیشانەی دڕندەکەیان وەرگرت و
ئەوانەی کڕنۆشیان بۆ پەیکەرەکەی برد. هەردووکیان
بە زیندوویی فڕێدرانە دەریاچەی ئاگر، کە بە گۆگرد
داگیرساوە. [٢١]پاشماوەکە بە شمشێری سوارەکە
کوژران کە لە دەمیەوە دەردەچوو، هەموو باڵندەکان
لە گۆشتەکانیان تێربوون.

## دەستگیرکردنی شەیتان

٢٠ فریشتەیەکم بینی لە ئاسمانەوە دادەبەزی
و کلیلی بیری بێ بنی پێبوو، زنجیرێکی
گەورەشی بەدەستەوە بوو. [٢]ئەژدیهاکەی دەستگیر
کرد، مارە دێرینەکە کە ئیبلیس و شەیتانە، هەزار ساڵ
بەستییەوە. [٣]فڕێیدایە بیری بێ بن و دەرگای لەسەر
داخست و مۆرێکی لێدا، بۆ ئەوەی ئیتر نەتەوەکان
چەواشە نەکات، هەتا هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت.
پاش ئەمە دەبێت بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد بکرێت.

## حوکمی هەزار ساڵەی مەسیح

[٤]چەند تەختێکم بینی و ئەوانەی لەسەری دانیشتن
دەسەڵاتی حوکمدانیان پێدرابوو. هەروەها گیانی
ئەوانەم بینی کە لەبەر شایەتی عیسا و لەبەر وشەی
خودا سەربڕابوون، ئەوانە کڕنۆشیان بۆ دڕندەکە
و پەیکەرەکەی نەبردبوو، نیشانەی نێوچەوان و
سەر دەستیان وەرنەگرتبوو. جا زیندووبوونەوە و
هەزار ساڵ لەگەڵ مەسیحدا فەرمانڕەواییان کرد.
[٥]بەڵام مردووەکانی دیکە هەتا هەزار ساڵەکە

[a] ١٣ بڕوانە ئیشایا ٦٣:٣.
[b] ١٥ بڕوانە زەبوورەکان ٩:٢.

تەواو بوو بۆ ژیان نەگەڕانەوە. ئەمە هەستانەوەی یەکەمە. [6]ئەوەی لە هەستانەوەی یەکەمدا بەشی هەبێت بەرەکەتدارە و پیرۆزە. ئەوانە مردنی دووەم دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، بەڵکو دەبنە کاهینی خودا و مەسیح، هەزار ساڵ لەگەڵیدا فەرمانڕەوایەتی دەکەن.

## کەوتنی شەیتان

[7]کاتێک هەزار ساڵەکە تەواو دەبێت شەیتان لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت و [8]دەردەچێت تاکو نەتەوەکانی چوارگۆشەی زەوی چەواشە بکات، گۆگ و ماگۆگ[a]، تاکو بۆ جەنگ کۆیان بکاتەوە، ئەوانەی ژمارەیان وەک لمی دەریایە. [9]بەسەر پانتایی زەویدا بڵاو بوونەوە و ئۆردوگای گەلی خودا، واتە شارە خۆشەویستەکەی خودایان گەمارۆ دا، بەڵام ئاگر لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و هەڵیلووشین. [10]ئەو ئیبلیسەی چەواشەی دەکردن فڕێدرایە دەریاچەی ئاگر و گۆگرد، کە دڕندەکە و پێغەمبەرە درۆزنەکەی لێیە. هەتاهەتایە شەو و ڕۆژ ئازار دەدرێن.

## حوکمدانی مردووان

[11]پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، هیچ شوێنیان نەدۆزرایەوە. [12]مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە لەبەردەم تەختەکەدا ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان بەوەی لە پەڕتووکەکان نووسراوە حوکم دران. [13]دەریاش مردووەکانی ناوخۆی ڕادەست کرد، هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان دایە دەست و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی حوکم درا. [14]مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچە ئاگرەکە. ئەم دەریاچە ئاگرە مردنی دووەمە. [15]هەرکەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا تۆمار نەکرابوو، فڕێدرایە دەریاچە ئاگرەکە.

## ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێ

٢١ پاشان ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێم بینی، چونکە ئاسمانی یەکەم و زەوی یەکەم بەسەرچوون، ئیتر دەریاش نەما. [2]شارە پیرۆزەکەش، ئۆرشەلیمی نوێم بینی لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە، وەک بووکێکی ڕازاوە بۆ زاوایەکەی ئامادە کرابێت. [3]گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو لە تەختەکەوە فەرمووی: «ئەوەتا نشینگەی خودا لەگەڵ خەڵک، ئەویش لەگەڵیان نیشتەجێ دەبێت. ئەوانیش دەبن بە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیاندایە و دەبێتە خودای ئەوان. [4]ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.»

[5]دانیشتووی سەر تەختەکە فەرمووی: «ئەوەتا هەموو شتێک نوێ دەکەمەوە.» هەروەها دەفەرموێ: «بنووسە، چونکە ئەم وتانە متمانەدار و ڕاستن.» [6]پاشان پێی فەرمووم: «ئەوا هاتە دی. من ئەلف و یێم[b]، سەرەتا و کۆتاییم. لە کانی ئاوی ژیان بەخۆڕایی دەدەمە تینوو. [7]ئەوەی سەربکەوێت ئەوانەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، دەبمە خودای و ئەویش دەبێتە کوڕم. [8]بەڵام ترسنۆک و بێباوەڕ و قێزەونان، هەروەها بکوژ و داوێنپیس و جادووگەر و بتپەرستان، لەگەڵ هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە کە مردنی دووەمە.»

## ئۆرشەلیمی نوێ

[9]یەکێک لەو حەوت فریشتەیەی حەوت جامەکەیان پێیە کە بە دوایین حەوت دەردەکە پڕکراون، هات بۆ لام و پێی گوتم: «وەرە بووکەکەت

[a] ٨ بڕوانە حزقیێل ٣٨ و ٣٩، هێمایە بۆ ئەو نەتەوانەی لە دژی خودان.

[b] ٦ لە یۆنانی نووسراوە ئەلفا و ئۆمێگا یەکەم و دوایین پیتی ڕێنووسی یۆنانییە، مەبەستی لە سەرەتا و کۆتاییە.

پیشان دەدەم، ژنی بەرخەکە.» [١٠]بە ڕۆحی پیرۆز بردمی بۆ چیایەکی گەورە و بەرز، ئۆرشەلیمی شارە پیرۆزەکەی پیشاندام، لە ئاسمانەوە لەلایەن خوداوە دەهاتە خوارەوە. [١١]شکۆی خودای هەبوو، درەوشانەوەی وەك گرانبەهاترین بەرد، وەك یەشب، ڕوون وەك کریستاڵ. [١٢]شوورایەکی گەورە و بەرز و دوازدە دەرگای هەبوو، لەسەر دەرگاکان دوازدە فریشتە هەبوون، ناوی دوازدە هۆزەکەی کوڕانی ئیسرائیل لەسەر دەرگاکان نووسرابوون. [١٣]لە ڕۆژهەڵاتەوە سێ دەرگا هەبوون، لە باکوورەوە سێ دەرگا، لە باشوورەوە سێ دەرگا، لە ڕۆژئاواوە سێ دەرگا. [١٤]شووورای شارەکە دوازدە بناغەی هەبوو، دوازدە ناو لە سەریان هەبوو، ناوی دوازدە نێردراوەکەی بەرخەکە.

[١٥]ئەو فریشتەیەی لەگەڵم دەدوا دارێکی پێوانەی زێڕینی پێبوو، تاکو شارەکە و دەرگاکانی و شووراکەی بپێوێت. [١٦]شارەکە بە چوار گۆشەیی دانرابوو، درێژییەکەی هێندەی پانییەکەی بوو. شارەکەی بە دارەکە پێوا، دوازدە هەزار ستادیا[a] بوو، درێژی و پانی و بەرزییەکەی یەکسان بوون. [١٧]شووراکەشی پێوا، سەد و چل و چوار باڵ[b] بوو بە باڵی مرۆڤ کە فریشتەکە بەکاریدەهێنا. [١٨]بینای شووراکە لە یەشب بوو، شارەکەش لە زێڕی بێگەرد بوو، وەك شووشەی ساف. [١٩]بناغەکانی شووورای شارەکە بە هەموو بەردێکی گرانبەها ڕازێنرابووەوە. بناغەی یەکەم یەشب، دووەم یاقووتی شین، سێیەم یاقووتی سپی، چوارەم زمروود، [٢٠]پێنجەم شیلانە، شەشەم یاقووتی سوور، حەوتەم زەبەرجەد، هەشتەم زمروودی سەوز، نۆیەم یاقووتی زەرد، دەیەم یاقووتی سەوز، یازدەیەم یاقووتی زەعفەرانی، دوازدەیەم جەمشت. [٢١]دوازدە دەرگاکەش دوازدە مروارین، هەر دەرگایەك لە یەك دەنکە مرواری بوو. شەقامی شارەکە لە زێڕی بێگەرد بوو وەك شووشەی ڕۆشن.

[٢٢]پەرستگام تێیدا نەبینی، چونکە یەزدانی پەروەردگاری هەرە بە توانا لەگەڵ بەرخەکە پەرستگای ئەون. [٢٣]شارەکەش پێویستی بە خۆر و مانگ نییە بەسەریدا بدرەوشێنەوە، چونکە شکۆی خودا ڕووناکی کردووەتەوە و بەرخەکە چرایەتی. [٢٤]نەتەوەکان بە ڕووناکییەکەی دەڕۆن و پاشاکانی زەوی شکۆی خۆیانی بۆ دەهێنن. [٢٥]دەرگاکانی بە ڕۆژ هەرگیز داناخرێن، چونکە لەوێ شەو دانایەت. [٢٦]شکۆ و ڕێزی نەتەوەکانیشی بۆ دەهێنن. [٢٧]هیچ شتێکی گڵاو و هیچ کەسێکی قێزەون و درۆزن ناچنە ناوی، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە ناویان لە پەڕتووکی ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە.

## ڕووباری ژیان

٢٢ پاشان فریشتەکە ڕووباری ئاوی ژیانی پیشاندام، پڕشنگدار وەك کریستاڵ، لە تەختی خودا و بەرخەکە و [٢]بە ناوەڕاستی شەقامی شارەکەدا دەڕوات. لە هەردوو ڕۆخی ڕووبارەکەدا درەختی ژیان ڕوابوو کە دوازدە جار بەرهەم دەدات، هەر مانگە و بەرهەمێك. گەڵای درەختەکەش بۆ چاکبوونەوەی نەتەوەکانە. [٣]ئیتر هیچ نەفرەتێك نامێنێت. تەختی خودا و بەرخەکەش لەناو شارەکەدا دەبن، بەندەکانی خزمەتی دەکەن و [٤]ڕووی دەبینن و ناوی لەسەر نێوچەوانیانە. [٥]لەوێ شەو دانایەت و پێویستییان بە چرا و ڕووناکی خۆر نابێت، چونکە یەزدانی پەروەردگار بەسەریاندا دەدرەوشێتەوە و هەتاهەتایە فەرمانڕەوایەتی دەکەن.

[٦]پاشان پێی فەرمووم: «ئەم وشانە متمانەدار و ڕاستن. خودای پەروەردگاری ڕۆحی پێغەمبەران، فریشتەکەی خۆی نارد تاکو ئەو شتانە پیشانی بەندەکانی خۆی بدات کە دەبێت زوو ڕووبدەن.»

## من بە پەلە دێم

[٧]«ئەوەتا بە پەلە دێم! خۆزگە دەخوازرێت بەوەی پێشبینییەکانی ئەم پەڕتووکە وشە بە وشە پەیڕەو دەکات.»

---

[a] ١٦ دوازدە هەزار ستادیا: نزیکەی دوو هەزار و دوو سەد کیلۆمەترە.

[b] ١٧ نزیکەی ٦٥ مەتر.

٨من یۆحەنام، ئەوەی کە ئەم شتانەم بینی و بیستم. کاتێك بینیم و بیستم، کەوتم بۆ ئەوەی لەبەرپێی ئەو فریشتەیە کڕنۆش ببەم کە ئەم شتانەی پیشاندەدام. ٩جا پێی گوتم: «وا مەکە! منیش وەك تۆ بەندەی هاوکارتم، لەگەڵ خوشك و برا پێغەمبەرەکانت و ئەوانەی پەیامی ئەم پەڕتووکە پەیڕەو دەکەن. کڕنۆش بۆ خودا ببە!»

١٠هەروەها پێی گوتم: «پەیامی پێشبینییەکانی ئەم پەڕتووکە مەشارەوە، چونکە کاتەکە نزیکە. ١١ئەوەی ستەمکارە با هەر ستەمکاری بکات، ئەوەی گڵاوە با هەر گڵاو بێت، ئەوەی ڕاستودروستە با هەر کاری ڕاستودروست بکات، ئەوەی پیرۆزیشە با هەر پیرۆز بێت.

١٢«ئەوەتا بە پەلە دێم! پاداشتی خۆم پێیە، تاکو پاداشتی هەرکەسێك بەگوێرەی کارەکەی بدەمەوە. ١٣من ئەلف و یێم، یەکەمین و دواهەمینم، سەرەتا و کۆتاییم.

١٤«خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی جلەکانیان دەشۆن، تاکو مافیان لە درەختی ژیان هەبێت و لە دەرگاکانەوە بچنە ناو شارەکە. ١٥سەگەکان و جادووگەران و داوێنپیسان و بکوژان و بتپەرستان و هەموو درۆزن و ئەوانەی حەز لە درۆ دەکەن لە دەرەوە دەبن.

١٦«من عیسام، فریشتەکەمم نارد تاکو بەم شتانە شایەتی بۆ کڵێساکان بدەم. من لە ڕەگ و نەوەی داودم، ئەستێرەی بەیانی پڕشنگدار.»

١٧ڕۆحی پیرۆز و بووك دەفەرموون: «وەرە!» ئەوەی گوێی لێیە با بڵێت: «وەرە!» ئەوەی تینوویەتی با بێت، ئەوەی دەیەوێت با بەخۆڕایی ئاوی ژیان ببات.

١٨من ئاگاداری هەموو ئەوانە دەکەمەوە کە گوێیان لە وشەکانی پێشبینیی ئەم پەڕتووکە دەبێت، هەرکەسێك وشەیەك بۆ ئەم پێشبینییانە زیاد بکات ئەوا خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم پەڕتووکەدا نووسراون. ١٩ئەگەر کەسێکیش وشەیەکی پێشبینییەکانی ئەم پەڕتووکە بسڕێتەوە، خودا لە درەختی ژیان و لە شارە پیرۆزەکە بێبەشی دەکات، ئەوەی لەم پەڕتووکەدا نووسراون.

٢٠شایەتی ئەمانە دەفەرموێ: «بەڵێ، بە پەلە دێم.»

ئامین! وەرە، عیسای خاوەن شکۆ.

٢١نیعمەتی عیسای خاوەن شکۆ لەگەڵ هەمووتان بێت. ئامین.

# پاشکۆ


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خشتەی کێش و پێوانەکان | ١٥٣٩ |
| ٢ | ڕوونکردنەوەی زاراوەکان | ١٥٤٠ |
| ٣ | لستی ناوەکان | ١٥٤٨ |
| ٤ | لستی شوێنەکان | ١٥٥٢ |
| | **نەخشەکان** | |
| ٥ | - کوڕانی پێغەمبەر نوح | ١٥٥٣ |
| ٦ | - کۆچی ئیبراهیم | ١٥٥٤ |
| ٧ | - دەرچوون | ١٥٥٥ |
| ٨ | - چادری پەرستنی موسا | ١٥٥٦ |
| ٩ | - داگیرکردنی کەنعان | ١٥٥٧ |
| ١٠ | - شانشینی ئیسرائیل و یەهودا | ١٥٥٨ |
| ١١ | - پەرستگای سلێمان | ١٥٥٩ |
| ١٢ | - فەلەستین لە سەردەمی عیسای مەسیحدا | ١٥٦٠ |
| ١٣ | - ئۆرشەلیم لە سەردەمی عیسای مەسیحدا | ١٥٦١ |
| ١٤ | - یەکەمین و دووەمین گەشتی پۆڵس | ١٥٦٢ |
| ١٥ | - سێیەمین گەشتی پۆڵس و گەشتەکەی بەرەو ڕۆما | ١٥٦٣ |
| ١٦ | کورتەی مێژوویی پەیمانی کۆن | ١٥٦٤ |
| ١٧ | کورتەی مێژوویی پەیمانی نوێ | ١٥٦٦ |
| ١٨ | پەرجووەکانی عیسای مەسیح | ١٥٦٧ |
| ١٩ | پەندەکانی عیسای مەسیح | ١٥٦٩ |
| ٢٠ | حەوت بەند لە پەیامی کتێبی پیرۆز | ١٥٧١ |
| ٢١ | چۆن باوەڕدار بەگوێرەی کتێبی پیرۆز گەشە دەکات | ١٥٧٤ |
| ٢٢ | دۆزینەوەی ئایەتی گونجاو | ١٥٧٦ |

# خشتەی کێش و پێوانەکان

**کێش و پێوانەکانی کتێبی پیرۆز** | **کێش و پێوانەکان بە نزیککراوەیی**

**کێشەکان**

| | |
|---|---|
| تالنت (٦٠ مەنا) | ٣٤ کیلۆگرام |
| مەنا (٥٠ شاقل) | ٥٦٠ گرام |
| شاقل (٢ مسقاڵ) | ١١,٥ گرام |
| نیو شاقل (١٠ گێرا) | ٥,٧ گرام |
| گێرا | ٠,٦ گرام |
| درهەم | ٨,٤ گرام |

**درێژی**

| | |
|---|---|
| باڵ | ٤٥ سەنتیمەتر |
| بست | ٢٣ سەنتیمەتر |
| چوار پەنجە | ٧,٥ سەنتیمەتر |
| ستادیا | ١٨٣ مەتر |

**قەبارە**

| | | |
|---|---|---|
| **پێوانەی وشك** | کۆڕ / حۆمەر (١٠ ئێفە) | ٢٢٠ لیتر |
| | لێتەك (٥ ئێفە) | ١١٠ لیتر |
| | ئێفە (١٠ ئۆمر) | ٢٢ لیتر |
| | سەئا / پێوانە (١/٣ ئێفە) | ٧,٥ لیتر |
| | ئۆمر (١/١٠ ئێفە) | ٢ لیتر |
| | قاپ (١/١٨ ئێفە) | ١ لیتر |
| **پێوانەی شلەمەنی** | بەت (١ ئێفە) | ٢٢ لیتر |
| | هەین (١/٦ بەت) | ٣,٨ لیتر |
| | لۆگ (١/٧٢ بات) | ٠,٣ لیتر |

ئەو خشتەیەی سەرەوە بەگوێرەی باشترین زانیاری بەردەست ڕێکخراوە. مەرج نییە لە ڕووی ژمێرکارییەوە زۆر ورد بێت. هەروەك لە پەراوێزەکان بە نزیککراوەیی دانراوە، چونکە وردبوون لە پێوانە و کێشەکان شتێکی زۆر زەحمەتە و ئاسان نییە. کێش و پێوانەکان بەگوێرەی کات و شوێن و سەردەم جیاواز بوونە و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە هەتا ئێستا زانیاری زۆر ورد لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە پێوانەکانی (ئێفە و بەت)، دەکرێ لە لێکۆڵینەوەی زیاتر زانیاری زیاترمان دەستبکەوێت.

## ڕوونکردنەوەی زاراوەکان

**ئاشکراکردن:** دەرخستن و نیشاندانێکە لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ، کاتێك خودا مەبەستییەتی مرۆڤ لە شتێك ئاگادار بکاتەوە یان پێی ڕابگەیەنێت. (ئاشکراکردن ١:١)

**ئەرتەمیس:** خوداوەندێکی یۆنانی بوو، خوداوەندی دایك بوو لەلای خەڵکی ئەفەسۆس، پەیکەرێکی گەورەی هەبوو، وایان دەزانی کە لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە. (کردار ١٩:٢٤)

**ئیبلیس:** ئیبلیس لە بنەڕەتدا لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە کە بە واتای سکاڵاکار دێت و شەیتان لە زمانی ئارامییەوە هاتووە بە واتای دوژمن دێت. هەردوو وشەکە ئاماژە بە ڕۆحی خراپەکاریی دەکەن (مەتا ٤:١، یەکەم پەترۆس ٥:٨). کاتێك عیسا لەسەر خاچ مرد، باوەڕدارانی لە کۆیلایەتی خراپەکاری ڕزگار کرد.

**ئیسرائیل:** ناوێکی عیبرییە واتای (تێکۆشان لەگەڵ خودا). خودا ئەم ناوەی بە یاقوبی کوڕی ئیسحاق بەخشی، لەبەر ئەوەش نەوەی یاقوب بە نەوەی ئیسرائیل یان گەلی ئیسرائیل ناویان دەرکرد. (پەیدابوون ٣٢:٢٨؛ مەتا ٢:٦)

**ئینجیل:** لە وشەی (ئیوانجیلیۆن)ی یۆنانییەوە هاتووە، بە واتای جاڕدانی هاتنی پاشا، لە پەیمانی نوێ بە مەبەستی ڕاگەیاندنی هاتنی مەسیح وەك پاشای هەتاهەتایی بۆ جیهان دێت، هەروەها ڕاگەیاندنی پەیامی مەسیح و ئامادەسازی بۆ هاتنەکەی. (ڕۆما ١:١٦)

**ئێفۆد:** بەرسینەیەکی تایبەت بووە بە سەرۆکی کاهینان، کە هێمای نوێنەرایەتی کاهین بوو بۆ گەلی خودا. (دەرچوون ٢٨:٤)

**باجگر:** ئەو کەسە بوو کە باجی لە خەڵکی وەردەگرت بۆ حکومەت. هەندێك لە جولەکەکانی فەلەستین هەڵدەستان بە ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ ڕۆمانییەکان بەرامبەر ئەوەی باجێکی زیاتر لە خەڵکی وەربگرن بۆ خۆیان. لەبەر ئەوە خەڵکی ڕقیان لە باجگران دەبووەوە، بە چاوێکی سووك تەماشایان دەکردن. (مەتا ٩:١٠-١١)

**بەرەکەت:** لە زمانی کوردی پێشی دەگوترێ (فەڕ)، بەخشینی خودایە بە دڵفراوانییەوە. (پەیدابوون ١:٢٢)

**بەعلزەبول:** یەکێکە لە ناوەکانی شەیتان. سەرۆکی ڕۆحە پیسەکانە. (مەتا ١٢:٢٤)

**بەڕۆژووبوون:** لە ئامۆژگارییەکانی مەسیح دەربارەی ڕۆژووگرتن هیچ یاسایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو باوەڕدار ئازادە لە دیاریکردنی کات و ماوە و جۆری ڕۆژووگرتن، چونکە ڕۆژووگرتن شتێکی تایبەتی نێوان باوەڕدار و خودایە. (مەتا ٦:١٦)

**بیری بێ بن:** بە یۆنانی پێی دەگوترێت ئەبیسۆس. مرۆڤی بێ باوەڕ لە دوای مردنی دەخرێتە بیری بێ بنەوە. لەو شوێنەش هیچ پەیوەندییەکی نابێت لەگەڵ خودا و لە تاریکیدا دەبێت. لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا بەرەو دۆزەخ دەنێردرێ. (لۆقا ٨:٣١؛ ئاشکراکردن ٩:١)

**بێتاوانکردن:** ئەم زاراوەیە تەنها دادوەر بۆی هەیە کاری پێ بکات. خودا گوناهبار بێتاوان دەکات کاتێك دان بە تاوانەکانی دەنێ و باوەڕ دەهێنێ بەوەی کە مەسیح لەسەر خاچ تاوانەکانی ئەوی هەڵگرتووە و بێتاوانیی خۆی داوەتێ. (ڕۆما ٣:٢٤)

**پاشایەتی ئاسمان (شانشینی خودا):** ئەم پاشایەتییە لە ئاسمانە و خودا خۆی پاشایەتی و خواستی تەواوی خودای تێدا پەیڕەو دەکرێ. مرۆڤیش کاتێك باوەڕ دەهێنێ و لە ڕۆح لەدایك دەبێتەوە (یۆحەنا ٣:٣-٥)، دەبێتە ئەندام و داردەستی خودا لەو پاشایەتییە و بەپێی خواستی ئەو دەژی. پاش ئەوەی مژدە دەدرێتە هەموو گەلان، لە دووەم هاتنەوەی مەسیحدا ئەم پاشایەتییە دێتە سەر زەوی. (ئاشکراکردن ٢١؛ مەتا ٤:١٧)

**پەردەی پەرستگا:** مەبەست لەو پەردەیەیە کە شوێنی پیرۆز لە شوێنی هەرە پیرۆز جیادەکاتەوە

لەناو پەرستگا (عیبرانییەکان ٣:٩). هێمای بەربەستی ڕێگایە لەنێوان خودا و خەڵك، بەهۆی گوناە. بەڵام بە خۆبەختکردنی عیسا لەسەر خاچ پەردەکە دڕا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هیچ بەربەستێك نەما لە نێوان شوێنی پیرۆز و هەرە پیرۆز، هەروەها واتای ئەوەیە عیسا ڕێگایە بۆ ئاسمان. (مەتا ٥١:٢٧)

**پەرستگا:** حەزرەتی سلێمان لە ساڵی چوارەمی حوکمڕانی، نزیکەی ساڵی (٩٦٨) پ. ز. بە فەرمانی خودا پەرستگایەکی دروست کرد، بۆ ئەوەی جولەکەکان قوربانی تێدا پێشکەش بکەن بۆ خودا (یەکەم پاشایان ١:٣). لە کاتی ڕاپێچکردن بۆ بابل تێکدرا، پاشان چاککرایەوە. دیسان لە ساڵی حەفتای زایینی بە دەستی ڕۆمانییەکان وێران کرا، لەو کاتەوە چاك نەکراوەتەوە. ئەم پەرستگایە هەتا ئێستاش پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە لەلای جولەکەکان. (یۆحەنا ١٤:٢-١٥)

**پەسخە:** لە زمانی عیبری پێی دەگوترێ پەسەح، واتە تێپەڕبوون یان لێخۆشبوون. ئەم جەژنە یادی ئەو ڕۆژانەیە کە گەلی خودا لە میسر بوون و خودا سزای فیرعەون و گەلەکەی دا و نۆبەرەکانی لێ کوشتن، بەڵام فریشتەی سزادان لە ماڵە جولەکەکان تێپەڕی و سزای ئەوانی نەدا. (دەرچوون ٢٧:١٢)

**پەیمان:** بەو پەیوەندییە دەگوترێت کەوا دوو لایەن یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە پێویستیان بە یەکترە و سوودی هەموو لایەکی تێدایە. بەڵام پەیمان لەنێوان خودا و مرۆڤ جیاوازە، چونکە خودا پێویستی بە مرۆڤ نییە تاکو پەیمانی لەگەڵ ببەستێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤی خۆشدەوێ بۆیە بەهۆی خوێنی مەسیح پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ مرۆڤ دەبەستێ. (گەلاتیا ١٥:٣)

**پەیمانی کۆن:** باوەڕدارانی مەسیح بە پەڕتووکە پیرۆزەکانی جولەکەکان دەڵێن پەیمانی کۆن، کە دەکرێتە سێ بەش، بە عیبری:

١ - تەورا، واتا تەورات.
٢ - نەبییم، واتا نووسراوی پێغەمبەران.
٣ - کەتوبیم، واتا نووسراوە مێژووییەکان، زەبووری حەزرەتی داود، پەندەکانی حەزرەتی سلێمان لەگەڵ چەند نووسراوێکی دیکەیە. پێغەمبەران، ئیرمیا و حزقیال لە نەبییم پێشبینی ئەوەیان کرد کە خودا بە هۆی مەسیح پەیمانێکی نوێ لەگەڵ هەموو گەل دەبەستێ. باوەڕداران بە مەسیح باوەڕیان وایە هەموو کتێبی پیرۆز وتەی خودایە و بەسوودە بۆ فێرکردن و شایەتیدان لەسەر ژیان و مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح. (دووەم کۆرنسۆس ١٤:٣؛ لۆقا ٤٤:٢٤)

**پەیمانی نوێ:** ئەو پەیمانەیە کە خودا لەگەڵ باوەڕدارانی عیسای مەسیح بەستوویەتی بە خوێنڕشتنی مەسیح و لەخاچدانی، بۆ لێخۆشبوونی گوناە و بەخشینی ڕۆحی پیرۆز. لەبەر ئەمە بە ئینجیل دەگوترێت پەیمانی نوێ. (عیبرانییەکان ١:٨-١٣؛ لۆقا ٢٠:٢٢)

**پیر:** لە کەلتوری جولەکەدا بە سەرۆکی خێزان و هۆزەکان دەگوترێ پیر، کە بەشێکی زۆری ئەنجومەنی باڵای جولەکە پێکدەهێنن. وشەی پیران لە پەیمانی نوێ بۆ ئەندامانی سێ کۆمەڵی جیاواز بەکارهێنراوە:

١. لە ئینجیلدا پیران ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای جولەکەن. (مەتا ٢١:١٦)
٢. لە کرداری نێردراوان ئەو باوەڕدارانەن کە ڕابەرایەتی کڵێسا دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، نامەکانیش ئاراستەی ئەوان کراوە. (یەکەم تیمۆساوس ١٧:٥)
٣. لە ئاشکراکردنی یۆحەنا، ئەو بیست و چوار پیرەی لە دەوری تەختی خودان، نوێنەرایەتی گەلی خودا دەکەن. (ئاشکراکردن ٨:٥)

**پیرۆز:** یەکێکە لە ئاکارە بنچینەییەکانی خودا، پێویستە مرۆڤ لە پیرۆزی خودا بترسێت. بە عەرەبی دەبێتە قدوس. باوەڕدار بانگکراوە بۆ تەرخانکردنی جەستەی خۆی بۆ خودا وەك

قوربانییەکی زیندوو لە پیرۆزی خودا. (ڕۆما ١:١٢؛ یەکەم پەترۆس ١٥:١)

**پیرۆزگا:** لە سەردەمی موساوە چادری پەرستن هەبووە کە پێشیان دەگوت پیرۆزگا، ئەمە بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی کە سلێمان پەرستگای دروست کرد و بوو بە بەشێك لە پەرستگا. پێغەمبەران و کاهینان لە پیرۆزگا مەراسیمە ئایینییەکانی بە ئەنجام دەدا. (دەرچوون ١:٣٦-٦)

**تەورات:** بە پێنج پەڕتووکی سەرەتای پەیمانی کۆن دەگوترێت تەورات. تێیدا ئەو ڕاسپاردانە هەیە کە خودا لەسەر چیای سینا لە ڕێگای موساوە بە گەلی ئیسرائیلی ڕاگەیاند. هەروەها بە شەریعەتی موساش بەناوبانگە. (نەحەمیا ٣:٨-١٣؛ مەتا ١٧:٥)

**تۆبەکردن:** واتا گۆڕانی دڵ و بیر سەبارەت بە ئەنجامدانی شتێك و گرتنەبەری ڕێگای پێچەوانە، هەروەها وازهێنان لە ڕێگای شەیتان و گرتنەبەری ڕێگای خودا. تۆبەکردن بەخشینی خودایە. (کردار ١٨:١١؛ مەتا ٢:٣)

**جەژنی فەتیرە:** جەژنێکی جولەکەیە کە حەوت ڕۆژ دەخایەنێت. لەو چەند ڕۆژەدا نابێت نانی بە هەویرترش بخورێت چونکە یادی ڕزگاربوونی جولەکەکانە لە کۆیلایەتی میسر. (دەرچوون ١٥:٢٣؛ مەتا ١٧:٢٦)

**جەژنی کەپرەشینە:** جەژنێکە دەکەوێتە پازدەیەمین ڕۆژی مانگی حەوتی ساڵنامەی جولەکە. هەشت ڕۆژ دەخایەنێت، ڕۆژی یەکەم و ڕۆژی هەشتەم ئاهەنگی ئایینی گەورە دەگێڕن. لەم جەژنەدا یادی ئەو چل ساڵەی جولەکە دەکەنەوە کە لەدوای دەرچوونیان لە میسر لەناو بیاباندا ژیان. (لێڤییەکان ٢٣:٣٣-٤٣)

**جەژنی پەسخە:** یەکێکە لە گەورەترین جەژنەکانی جولەکە. جولەکەکان لەم جەژنەدا یادی ئەو شەوە دەکەنەوە کە فریشتەی مردن نۆبەرەی میسرییەکانی کوشت و هی ئەوانی پاراست. ئەم جەژنە لە وەرزی بەهاردا ساز دەکرێت. عیسا لەم جەژنەدا لە خاچ درا، دوایی هەستایەوە و بەسەر مردندا زاڵبوو، بۆیە باوەڕداران بە مەسیحیش لە کاتی جەژنی پەسخەدا جەژنی هەستانەوەی مەسیح دەگێڕن. (سەرژمێری ٩:٢-١٤؛ لۆقا ٧:٢٢)

**جیهانی مردووان:** لە یۆنانی پێی دەگوترێ هادیس و لە عیبری شیۆل. ئەو شوێنەیە کە ڕۆحی مردووان تێیدا چاوەڕێ دەکەن تاکو کاتی حوکمدان. (مەتا ٢٣:١١؛ ئاشکراکردن ٨:٦)

**چادری پەرستن (چادری چاوپێکەوتن):** بەر لە دروستکردنی پەرستگا، پێغەمبەران و کاهینان لەناو ئەم چادرەدا خواپەرستییان کردووە، کاهینان قوربانییان کردووە و پێغەمبەرانیش لەگەڵ خودا دواون. (دەرچوون ٢٦، ١١:٢٧)

**چاودێر:** ئەو کەسانەن کە لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ چاودێریکردنی کۆمەڵەی باوەڕداران (کڵێسا) و یارمەتیدانی باوەڕداران و گەشەپێکردنیان. لە عەرەبی پێ دەگوترێت أسقف. (تیتۆس ٧:١)

**خاچ:** دوو دارە لەسەر شێوەی نیشانەی کۆکردنەوە (+) بەیەکەوە بەستراون، لای خوارەوەی درێژترە لە لایەکانی دیکە. لە سەردەمی ڕۆمانییەکان دز و پیاو خراپ لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە دەست کراوەیی بە بزماری گەورە پێیدا کوتراوە و بە بەرزییەوە هەڵواسراوە تا هەناسەی لێ بڕاوە. بەڵام لەدوای لەخاچدانی عیسا، لەلای باوەڕداران خاچ بووە نموونەی قوربانیدان. عیسا بە مردنی لەسەر خاچ بووە قوربانی بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان و بەدەستهێنانی ژیانی هەتاهەتایی. (مەتا ٣٢:٢٧)

**خەتەنەکردن:** سونەتکردنیشی پێ دەگوترێت. کاتێك ئیبراهیم تەمەنی ٩٩ ساڵ بوو، خودا خۆی بۆ دەرخست و پێی فەرموو: ئەگەر لە ڕێی من لانەدەی پەیمانت لەگەڵ دەبەستم، نەوەت زۆر دەکەم، زەوی کەنعان (فەلەستین) دەدەمە نەوەکانت. نیشانەی پەیمانیش ئەوە دەبێت

که هەموو کوڕێکت لە تەمەنی هەشت ڕۆژی خەتەنە بکەی. (پەیدابوون ١٧؛ کردار ٨:٧)

**خەردەل:** بە عەرەبی پێی دەگوترێت (خردل). تۆوێکی بچووکە، بەهاراتی لێ دروستدەکرێت. جۆرێکی هەیە لە فەلەستین و دەوروپشتی دەڕوێت، نزیکەی دوو مەتر بەرزدەبێتەوە و باڵندەیەکی زۆری لەسەر دەنیشێتەوە بۆ خواردنی بەرەکەی. (مەتا ٣١:١٣)

**خوێنگر:** بەگوێرەی دەستووری دابەشکردنی زەوی خاکی بەڵێنپێدراو نابێت هیچ خێزانێك موڵکی خۆی لەدەست بدات. ئەگەر بەهۆی هەژاری موڵکەکەیان بفرۆشنە خێزانێکی دیکە، پێویستە لەدوای پەنجا ساڵ بگەڕێنرێتەوە بۆ خێزانەکەی خۆی. هەروەها یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکە مافی هەبوو پێش تەواوبوونی پەنجا ساڵەکە موڵکەکە وەربگرێتەوە، ئەگەر نرخی ئەو ساڵانەی کە ماونەتەوە بداتەوە ئەو کەسەی کە کڕیویەتی. هەروەها خوێنگر مافی تۆڵەکردنەوەی هەیە لە کاتی ڕوودانی کێشەیەك، مافی وەرگرتنی میراتی هەیە ئەگەر کەسێکی دیکەی لەو نزیکتر نەبوو لە کەسەکە. (سەرژمێری ١٢:٣٥)

**دەریاچەی جەلیل:** دەریاچەیەکی گەورەیە ڕووباری ئوردونی پێدا تێدەپەڕێت، کەوتووەتە ناوچەی جەلیل لە باکووری فەلەستین. درێژی دەریای جەلیل نزیکەی بیست و سێ کیلۆمەترە و پانییەکەشی سێزدە کیلۆمەتر، قووڵاییەکەشی لەنێوان بیست تا چل و پێنج مەتردایە. ئەم دەریاچەیە دوو سەد و چوار مەتر نزمترە لە ئاستی ڕووی دەریا. هەروەها ئاوەکەی شیرینە. چەند شارێکی گرنگ لەسەر کەنارەکانی هەیە، وەك: بێتسەیدا لە ڕۆژهەڵات و جەنیسارەت و کەفەرناحوم و مەجدەل و تەبەرییە لە ڕۆژئاوا. ناوی دیکەشی هەیە، وەك: دەریاچەی جەنیسارەت بە ناوی دەشتی جەنیسارەتی بەپیت لەسەر کەناری باکووری ڕۆژئاوا. هەروەها دەریاچەی تەبەرییە بەناوی شاری تەبەرییە. (مەتا ١٨:٤)

**دژە مەسیح:** کەسێکە کە دژی پەیامی مەسیح دەجەنگێت، درۆ دەکات، نکۆڵی لە پەروەردگاربوونی عیسای مەسیح دەکات و لە ڕۆژانی کۆتایی جیهان دەردەکەوێت. (یەکەم یۆحەنا ١٨:٢-٢٢؛ دووەم یۆحەنا ٧:١)

**دینار:** وشەی دینار لە وشەی دیناریۆسی لاتینییەوە هاتووە. لە سەردەمی ڕۆمانییەکانەوە مامەڵەی پێ کراوە. لە زیو دروستکراوە و قورسایی سێ گرام بووە. لە سەردەمی عیسا دینار وێنەی قەیسەری ئەوسای لەسەر بووە. هەروەها ڕۆژانەی کرێکارێکیش نزیکەی یەك دینار بووە. (مەتا ١٩:٢٢)

**ڕاستودروستی:** ئەمە وەرگێڕانی وشەی (دیکایۆسونێ)ی یۆنانییە، هەندێك جار لە زمانی کوردیدا بە مانای دادپەروەریش دێت (ڕۆما ٢٥:٣-٢٦)، هەروەها بە مانای بێتاوانکردنیش دێت (ڕۆما ١٧:١؛ ٢١:٣-٢٢). کەس نییە بە تەواوی ڕاستودروست بێت تەنها خودا نەبێ، چونکە ڕاستودروستی گەورەترە لەوەی مرۆڤ تەنها مرۆڤێکی باش بێ، بەڵکو ئاراستەکردنی ژیانە بە تەواوی بەرەو خودا، بۆیە تەنها بە نیعمەتی خودا مرۆڤ ڕاستودروست دەبێت.

**ڕۆحی پیرۆز:** سروشت و کەسایەتی و دەسەڵاتی خودایە. ئەم ڕۆحە لە عیسای مەسیحدا بوو، ئێستاش لە هەموو باوەڕدارێکە بە مەسیح. ڕۆحی پیرۆز باوەڕدار پیرۆز دەکات و یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ شێوەی مەسیح، هەروەها ڕێنمایی دەکات و فێری دەکات. (یۆحەنا ٣٣:١)

**ڕۆحی پیس:** لە کەلتوری کوردی جنۆکەشی پێ دەگوترێت، بوونەوەرێکی نەبینراوە و خزمەتکاری شەیتانە، دەچێتە ناو مرۆڤەکان و لایەنی تەندروستی و باری دەروونییان دەشێوێنێت. (مەتا ٢٢:١٢-٤٥)

**ڕۆژی دوایی:** ڕۆژی کۆتایی هاتنی جیهان و ڕۆژی

لێپرسینەوەیە. هەروەها ڕۆژی دووەم هاتنەوەی عیسایە بە شکۆدارییەوە. لەم ڕۆژەدا خراپەکاران سزا دەدرێن و باوەڕداران خەڵات دەکرێن. (یۆحەنا ٦:٣٩-٤٠)

**سامیرەییەکان:** تێکەڵەیەکن لە خەڵکی جولەکە و ئاشوری. دوای گەڕانەوەیان لە بابل لە سەدەی هەشتەمینی پ. ز. دەستیان بەسەر ناوچەی سامیرەدا گرت. سامیرەییەکان باوەڕیان تەنها بەو پێنج پەڕتووکە هەبوو کە موسا نووسیویەتی (تەورات). پەرستگایەکیان لەسەر چیای سامیرە دروست کرد. لەگەڵ جولەکەکان دوژمنایەتییەکی توندیان هەبوو، چونکە جولەکەکان ئەوانیان بە کافر دادەنا. (یۆحەنا ٤:٩)

**سندوقی پەیمان:** وەرگێڕانی وردی وشە عیبرییەکە دەبێتە سندوقی شایەتی. ڕاسپاردەکانی خودا بۆ گەلی ئیسرائیل لە ڕێگەی موساوە لەناو ئەو سندوقە هەڵگیرابوو، لە شوێنی هەرە پیرۆز دانرابوو. (دەرچوون ٢٥:٢٢)

**سەدوقییەکان:** کۆمەڵێك جولەکەن کە زۆربەی ئەندامەکانی کاهینن. لە سەردەمی مەسیح سەرۆك کاهین یەکێك بوو لەوان. سەدوقییەکان باوەڕیان بە فریشتە و هەستانەوەی مردووان نییە. ئەوان لایەنگری ڕۆمانییەکان بوون. هەروەها هەردەم لەگەڵ فەریسییەکان ناکۆك بوون، بەڵام لەسەر دژایەتیکردن و کوشتنی مەسیح لەگەڵیان ڕێککەوتن. (مەتا ٢٢:٢٣)

**سەرۆك کاهین:** سەرۆکی هەموو پیاوە ئایینییەکانە، کە لە پەرستگای ئۆرشەلیم دادەنیشێت، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەن و بەرپرسی یەکەمە لە ژیانی ئایینی جولەکەکان. پەیوەندی ڕێکخەری نێوان مرۆڤ و خودایە، هەر بۆیە تەنها ئەو دەیتوانی بچێتە شوێنی هەرە پیرۆز. (لێڤییەکان ١٦:٣٢؛ عیبرانییەکان ٧:٢٧)

**سەنهەدرین:** واتە ئەنجومەنی باڵای جولەکە. لە سەردەمی مەسیح ئەم ئەنجومەنە هەبوو، بریتی بوو لە حەفتا و یەك ئەندام، سەرۆکی کاهینەکان یەکێك بوو لەوان و سەرکردایەتی ئەنجومەنەکەی دەکرد. هەر ئەم ئەنجومەنەش بوو کە مەسیحی گرت و دادگایی کرد. (مەتا ٢٦:٥٩)

**شاری داود (ئۆرشەلیم):** شاری پاشای مەزنیشی پێ دەگوترێ. (دووەم ساموئێل ٥:٧؛ ڕۆما ٩:٣٣)

**شەرابی پێشکەشکراو:** مەبەست لەو شەرابەیە کە وەك قوربانی پێشکەش بە خودا دەکرا و دەڕژێنرا. هەندێك جار لەگەڵ ئاژەڵی قوربانیش پێشکەش کراوە. (لێڤییەکان ٢٣:٣٧)

**شەریعەت:** ئەو ئەرك و فەرمانانەیە کە خودا لە ڕێگای موساوە بە گەلی ئیسرائیلی داوە. (گەلاتیا ٢:١٦)

**شەممە:** لە وشەی شەباتی عیبرییەوە هاتووە کە بە واتای پشوو دێت. خودا لە ماوەی شەش ڕۆژدا لە کاری بەدیهێنان تەواو بوو، ڕۆژی حەوتەم کە دەکاتە شەممە پشووی دا. خودا ئەم ڕۆژەی کردە ڕۆژی پشوودان بۆ گەلی جولەکە. شەممە لەلای جولەکەکان ڕۆژێکی پیرۆزە. بەپێی تەورات هەموو جۆرە کارێك قەدەغەیە. جولەکەکان لەم ڕۆژەدا تەنها خەریکی خواپەرستی و نوێژ و خوێندنەوەی وشەی خودا و فێربوونی ئایینی دەبن. (دەرچوون ٣١:١٤-١٦)

**شوێنی هەرە پیرۆز:** شوێنێکی تایبەت و دابڕاو بووە لەناو پەرستگا کە ساڵانە تەنها سەرۆك کاهین بۆی هەبووە تەنها یەك جار بچێتە ئەوێ بۆ داوای لێخۆشبوون لە گوناهەکانی گەلی خودا. (یەکەم پوختەی مێژوو ٦:٤٩؛ عیبرانییەکان ٩:٣-٧)

**شوێنی پیرۆز:** شوێنێکی تایبەت بووە لەنێو پیرۆزگا، کاهین ڕۆژانە سەردانی دەکرد و قوربانگای بخوور و مێزی نانی پێشکەشکراو و چرادانی لێبووە. پەردەیەك هەبووە کە شوێنی هەرە پیرۆزی لە شوێنی پیرۆز جیا دەکردەوە. (دەرچوون ٢٦:٣١-٣٥)

**عیبرانییەکان:** مەبەست لە جولەکەکانە، بە زمانەکەشیان دەگوترێ عیبری. (فیلیپی ٣:٥)

**فەریسییەکان:** کۆمەڵێکی ئایینی جولەکەن کە لە

بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکان و ڕاسپاردەکانی تەورات توندڕەون. زۆر لە مامۆستایانی تەورات لەوان بوون. پۆڵسیش بەر لەوەی باوەڕ بهێنێ یەکێك بوو لەوان. فەریسییەکان باوەڕیان بە فریشتە و هەستانەوەی مردووان و بە هەموو نووسراوەکانی پەیمانی کۆن هەبوو. زۆر بە توندی دژی مەسیح وەستان و کاریان کرد بۆ کوشتنی. (مەرقۆس ٣:٧)

**قوتابی مەسیح:** بەو دوازدە کەسە دەگوترێت کە عیسا هەڵیبژاردن تاکو ببنە نێردراو. هەروەها بەو کەسەش دەگوترێت کە دوای عیسا دەکەوێت و باوەڕی پێ دەهێنێت. (یۆحەنا ٣١:٨، ٣٥:١٣)

**قوربانگا:** لەسەر شێوەی مێزێك بوو، قوربانییان لەسەری پێشکەش دەکرد. گۆشەکانی لای سەرەوەی بە پیرۆزترین شوێن دادەنران. لە شاری ئۆرشەلیمیش دوو قوربانگا هەبوو: قوربانگای بخورد و قوربانگای قوربانی. (یەکەم پاشایان ٤٨:٧؛ لۆقا ١١:١)

**قوربانی:** خودا فەرمانی بە جولەکەکان کرد کە لە پێناوی کەفارەتی گوناهەکانیان قوربانی بکەن، (دەرچوون ٣٦:٢٩). قوربانی زۆر جۆری هەبووە و بە زۆر شێواز پێشکەشکراوە. لەوانە، قوربانی تاوان، قوربانی بە ئاگر (قوربانی سووتاندن)، قوربانی هاوبەشی، قوربانی بەرزکردنەوە (قوربانی ڕاوەشاندن)، پێشکەشکراوی دانەوێڵە و شەرابی پێشکەشکراو. قوربانی بە زۆر جۆر پێشکەش دەکرا، لە هەمووی باوتر پێشکەش کردنی ئاژەڵ بوو، بۆ ئەوەی بزانن کە بۆ هەموو گوناهێك پێویستە خوێن بڕژێ. مەسیح هات بۆ تەواوکردنی ئەم یاسایە بەوەی لەسەر خاچ خوێنی ڕژا بۆ کەفارەتی گوناهی مرۆڤ و پاکبوونەوەی. واتا چیتر پێویست ناکات بۆ پاکبوونەوەی گوناه قوربانی پێشکەش بکرێت. (عیبرانییەکان ١١:٩-٢٧؛ لۆقا ١١:١)

**کاهین:** لە وشەی (کوهن)ی عیبرییەوە وەرگیراوە. کاهین پلەیەکی ئایینی جولەکەیە، هەڵدەستا بە پێشکەشکردنی ئەو قوربانییانەی بۆ لێخوشبوون لە گوناهەکانی خۆی و هەموو گەل بوون. هارونی برای موسا یەکەم کاهینی جولەکەکان بوو، لە هۆزی لێڤی بوو، بۆیە ئەم کارە تایبەت بوو بە لێڤییەکان. (لێڤییەکان ٧:١؛ لۆقا ٥:١)

**کفر:** هەر وشەیەك کە سووکایەتی بکات بە خودا و مەسیح و ڕۆحی پیرۆز پێی دەگوترێت کفر. (لۆقا ٦٤:٢٢-٦٥)

**کەفارەت:** واتا داپۆشینی گوناهبار لە تووڕەیی خودا. لە پەیمانی کۆن بە سەربڕینی بەرخێك یان گایەکی بێ کەموکوڕی کەفارەتیان دەکرد. مەسیح بووە کەفارەت بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕ بەو قوربانییە دەهێنن، بۆیە کاتێك یەحیای کوڕی زەکەریا لەسەر ڕووباری ئوردون عیسای مەسیحی بینی، گوتی: (ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات.) (لێڤییەکان ٧:٩؛ یۆحەنا ٢٩:١؛ عیبرانییەکان ١٧:٢)

**کەنیشت:** لە هەر شارێك دە خێزانی جولەکە یان زیاتر هەبووایە، شوێنێکیان تەرخان دەکرد بۆ نوێژکردن و فێربوونی تەورات، بەو شوێنە دەگوترا کەنیشت. (لۆقا ١٦:٤)

**کەڕوب:** پەیکەرێکی شێوە فریشتە و مرۆڤ بووە، باڵەکانی بەسەر سندوقی پەیماندا کردبووەوە، وەك هێمایەك بۆ پاراستنی ئەو سندوقە. (دەرچوون ١٨:٢٥)

**کوڕی خودا:** بە مەسیح دەگوترێ، چونکە لە تێگەیشتنی جولەکەکان، یەکێکە لە ناونیشانەکانی مەسیح. ئەمەش واتای ئەوە نییە مەسیح لە ئەنجامی پەیوەندییەکی سێکسی لەنێوان خودا و مریەم هاتووەتە دنیا، حاشا! ئەمە گەورەترین کفرە. بەڵکو لە ڕۆح کوڕی خودایە، چونکە مەسیح هەموو سروشتی خودای تێدا بوو، وەك: پیرۆزی و دەسەڵات و ڕاستودروستی و بەزەیی و خۆشەویستی و دانایی... هتد. (زەبووری ٢،١١٠؛ لۆقا ٣٥:١)

**کوڕی داود:** بە مەسیح گوتراوە کوڕی داود چونکە

مریەمی دایکی سەر بە ڕەچەڵەکی داودە، هەروەها بە هەمان شێوە لە یوسفی مێردی مریەمیش. (مەتا ٩:٢١)

**کوڕی مرۆڤ:** بە مەسیح گوتراوە، چونکە سروشتی مرۆڤی تێدا بوو، لە برسیبوون و تینووبوون و ئازارچێژتن و غەمخواردن و... هتد. (دانیال ١٣:٧-١٤؛ مەتا ١٣:١٦)

**کڕینەوە:** واتا کڕینەوە یان ڕزگارکردنی ژیانی کەسێك لە کۆیلایەتی، بە پارە یان بە خۆبەختکردن بۆی. (لۆقا ٦٨:١؛ ئاشکراکردن ٩:٥)

**گوناه:** بە هەموو چەشنە یاخیبوونێك لە دژی خودا دەگوترێت گوناه. گوناه لە ناخی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە، دەرئەنجامەکەشی ئەو بیرکردنەوە و وتە و کارانەیە کە دەبنە مایەی دڵتەنگی بۆ خودا، بۆیە خودا ڕقی لە گوناهە. (مەرقۆس ٢٠:٧-٢٣؛ یەکەم یۆحەنا ٤:٣)

**لەئاوهەڵکێشان:** لە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت تعمید، لە زمانی یۆنانیش پێی دەگوترێت باپتیزۆ. کاتێك مرۆڤ لەناو ئاوەکە دەشورێت و نوقوم دەبێت لە ژیانە کۆنەکەی دەمرێت، کاتێك هەڵدەستێتەوە ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات. لەئاوهەڵکێشان هێمایەکی دەرەکییە بۆ گۆڕانێکی ناوەکی، کاتێك باوەڕدار لە ڕۆح لەدایك دەبێتەوە. لەئاوهەڵکێشان فەرمانە لەسەر ئەوانەی حەز دەکەن تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا. (مەتا ١١:٣)

**لێڤی:** ناوێکی پیاوانەی عیبرییە. یەکێك لە کوڕەکانی حەزرەتی یاقوب ناوی لێڤی بوو، بۆیە یەکێك لە هۆزەکانی ئیسرائیل بەم ناوەیە. بڕوانە وشەی کاهین. (کردار ٣٦:٤)

**ماری چۆڵەوانی:** کاتێك جولەکەکان لە بیابانی سینا بوون ناڕەزاییان بەرامبەر خودا دەربڕی، بۆیە خودا ماری ناردە سەریان، بەمە ژمارەیەکی زۆریان لێ مرد. کاتێك هەموو تۆبەیان کرد، خودا بە موسای فەرموو مارێك لە مس دروست بکە و بەرزی بکەوە، تاوەکو هەر کەسێك مار پێوەی بدات تەماشای ئەو مارە بکات و چاك بێتەوە. لەو کاتەدا مار هێمای خراپە بوو، ئەوەی سەیری دەکرد گوناهەکەی خۆی دەبینی و چاك دەبووەوە. لەو کاتەی مەسیحیش لەسەر خاچ هەڵواسرابوو، گوناهی هەموو جیهانی بەسەر شانەوە بوو، جا هەر کەسێك سەیری خاچەکەی مەسیح بکات و گوناهەکانی خۆی لەسەریەوە ببینێ و تۆبە بکات، خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێت. (یۆحەنا ١٤:٣؛ سەرژمێری٤:٢١-٩)

**مامۆستای تەورات:** لە زمانی کوردی پێی دەگوترێ مالم. کەسایەتییەکی جولەکەیە کە شارەزایی لە تەورات هەیە و خەڵکی فێری تەورات و فەرمانەکانی خودا دەکات. (نەحەمیا ١٣:٨؛ مەتا ٣٨:١٢)

**مەن:** وشەیەکی عیبرییە، بە واتای ئەمە چییە یان بەخشین دێت. مەن بە شێوەی شەونم لە ئاسمانەوە بۆ جولەکەکان دەهاتە خوارەوە، لە بیابانی سینا. خودا ڕۆژانە دەیدانێ و نەیاندەتوانی پاشماوەکەی بۆ ڕۆژی پاشتر هەڵبگرن، چونکە بۆگەن دەبوو. (دەرچوون ٣١:١٦؛ یۆحەنا ٣١:٦)

**مور:** ئاوێکی بۆن خۆشە لە گەڵای جۆرە گوڵێك دەردەچێ. هەندێك جار لەگەڵ مەی تێکەڵ دەکرا بۆ کەمکردنەوەی ئازار. وەك دیارییەك پێشکەشی پاشایان دەکرا. مور پێشکەشی عیسای مەسیح کرا، هەروەها پاش مردنی لەشی پێ چەورکرا وەك نەریتێکی جولەکە لە مردوو ناشتن. (مەتا ١١:٢)

**نەزر:** داوا لە خودا دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێك و پابەند دەکرێت بە مەرجێکەوە. ئەگەر خودا ئەو کارە بکات، ئەوا دەرئەنجام ئەو کارە ئەنجام دەدرێت کە پێیەوە پابەند کراوە.

**نووسراو:** مەبەست لە پەڕتووکەکانی کتێبی پیرۆزە. (یۆحەنا ٢٢:٢)

**نوێژ:** گفتوگۆی نێوان باوەڕدار و خودایە. کاتێك باوەڕدار نوێژ دەکات سوپاس و ستایشی خودا دەکات، داواکارییەکانی دەخاتە بەر دەستی خودا، خوداش گوێی لێ دەگرێت. زۆر جار لە

کاتی نوێژکردندا خودا خواستی خۆی بۆ باوەڕدار ئاشکرا دەکات، (یەکەم تیمۆساوس ١:٢)

**نیعمەت:** بە یۆنانی دەبێتە خارس. بە واتای هەموو ئەو شتە چاکانە دێت کە بێ ئەوەی مرۆڤ شایانی بێت خودا بەخۆڕایی دەیداتێ، وەك: بێتاوانبوون، پیرۆزکردن، پارێزگاری، لە سەرووی هەموویانەوە ئەو بەزەیی و خۆشەویستییەی کە بۆ مرۆڤ هەیەتی، ئەمەش لە پلانی ڕزگارکردنی مرۆڤ لە مردن دەردەکەوێت بە قوربانیدانەکەی مەسیح، لە کاتێکدا هەمووان شایانی دۆزەخ بوون. (یۆحەنا ١٤:١-١٧؛ ئەفەسۆس ٢:٨-٩)

**نێردراو:** نازناوێکە بۆ ئەو کەسەی مەسیح دەینێرێت مژدە بداتە خەڵکی، ئەم نازناوە بە دوازدە قوتابییەکە و بە پۆڵس بەخشراوە. هەروەها بەو کەسەش دەگوترێ کە کڵێسا بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆز نیشانی دەکات و دەینێرێتە شوێنێك بۆ ڕاگەیاندنی مژدەی عیسای مەسیح. (کردار ١:١٣-٣؛ ڕۆما ١:١)

**هەلیلویا:** وشەیەکی عیبرییە، واتا ستایشی خودا بکەن. ئەم وشەیە بۆ ستایشکردن و شکۆدارکردنی یەزدان بەکاردێت، لە پەیمانی کۆندا لە سەرەتا یان لە کۆتایی زەبوورەکان و گۆرانییەکان دادەنرا و لە جەژن و بۆنە ئایینییەکان دەگوترایەوە. ئێستاش ئەم وشەیە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی باوەڕداران بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێ. (ئاشکراکردن ١:١٩)

**هۆسانا:** ئەم وشەیە لە هوشیعنای عیبرییەوە هاتووە، بە مانای ڕزگارکەر دێت. بۆ دەربڕینی خۆشی و پێشوازیکردن بەکارهاتووە، وەکو ئەو کاتەی خەڵکەکە ئەم وشەیان بەکارهێنا بۆ خۆشحاڵی دەربڕین و بەخێرهێنانی عیسا بۆ شاری ئۆرشەلیم. (مەرقۆس ٩:١١)

**وشەکە:** بە یۆنانی دەبێتە لۆگۆس. مەبەست لە وشەی خودایە کە لە سەرەتاوە لەگەڵ خودا بووە، هەموو شتێکیش بەم وشەیە دروست بووە. ئەم وشەیەش لە عیسای مەسیح بەرجەستە بوو. (یۆحەنا ١:١)

**یارمەتیدەر:** بە یۆنانی دەبێتە پارەکلێتۆس، زاراوەیەکی دادگاییە بە واتای پارێزەر دێت. مەبەستی مەسیح لە ڕۆحی پیرۆزە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ڕۆحی پیرۆز. (یۆحەنا ١٦:١٤)

# لستی ناوەکان

| ناو | ڕوونکردنەوە | ئایەت |
|---|---|---|
| **ئەلیاس** | لە کەلتوری کوردی بە خدری زندە ناسراوە. لە سەدەی نۆیەمی پ. ز. ژیاوە. یەکێکە لە پێغەمبەرە ناودارەکانی خودا لە پەیمانی کۆن، چەندین پەرجوو و کاری گەورەی کردووە. ئەلیاس بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان و نەمردووە، هەتا ئێستاش بە زیندوویەتی ماوەتەوە. | یەکەم پاشایان ١٧–١٩ |
| **ئیبراهیم** | سەرەتا ناوی ئەبرام بوو، واتا باوکی پایەبەرز، بەڵام پاش ئەوەی خودا بەڵێنی پێدا نەوەی زۆر بکات، پێی گوت ناوی خۆت بگۆڕە بۆ ئیبراهیم، واتا باوکی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر. لە ئینجیلدا بە باوکی باوەڕداران ناوی هاتووە. | پەیدابوون ١٥–١٧؛ ڕۆما ٤:١-٢٥ |
| **ئیسحاق** | ئیبراهیم لە تەمەنی سەدساڵی کوڕێکی لە سارای خێزانی بوو لەسەر فەرمانی خودا ناوی لێنا ئیسحاق. کاتێك خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە داوای لێکرد ئیسحاق بکاتە قوربانی. ئیسحاق لە ڕفقەی خێزانی دوو کوڕی بوو بە ناوەکانی عیسۆ و یاقوب. کە دواتر یاقوبی کوڕی بووە یەکێك لە پێغەمبەران و باوکی یوسف. | پەیدابوون ١٩:١٧ |
| **ئیشایا** | ئیشایای کوڕی ئامۆچ یەکێك بووە لە پێغەمبەران. ئیشایا شەڕی ناوخۆی نێوان ئیسرائیل و یەهودای لە ماوەی ساڵانی (٧٣٤–٧٣٢) پ. ز. بە چاوی خۆی بینیوە. ئیشایای پێغەمبەر پێشبینی وێرانکردنی ئۆرشەلیمی کردووە، هەروەها چەندین پێشبینی هەبووە لەسەر هاتنی عیسای مەسیح. | دووەم پاشایان ٢:١٩؛ ئیشایا ١:٢ |
| **بەرناباس** | یەکێك بوو لە شوێنکەوتووانی مەسیح. هاوڕێی پۆڵسی نێردراو بوو لە مزگێنیدان و بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیح. بەرناباس خاوەنی هیچ جۆرە پەڕتووك و نووسراوێك نییە. | کرداری نێردراوان ٣٦:٤؛ گەلاتیا ١:٢ |
| **پۆڵس** | پۆڵس لە نزیکەی ساڵی (٥-١٠)ی زایین لە شاری تەرسۆسی کیلیکیا لەدایکبووە، پێش باوەڕهێنانی بە مەسیح ناوی شاول بوو. خاوەنی ڕەگەزنامەی یۆنانی بووە. گرنگی بە خوێندنی شەریعەت داوە و فەریسییەکی توندڕەو بووە. دەچێتە دیمەشق بۆ ئەوەی سزای باوەڕدان بە مەسیح بدات، بەڵام لە ڕێگا بە پەرجوویەك باوەڕ بە مەسیح دەهێنێت و ناوی دەبێتە پۆڵس. | یەکەم کۆرنسۆس ١:١؛ کۆلۆسی ٢٣:١ |
| **پیلاتۆس** | پیلاتۆسی ڕۆمانی لە ساڵانی (٢٦-٣٦) ز. فەرمانڕەوای یەهودیا و سامیرە و ئادوم بوو. پیلاتۆس بە دڵڕەقی و توندی ناوبانگی دەرکردبوو، بە تایبەتی بەرامبەر بە جولەکەکان. | لۆقا ١:٣ |

| ناو | ڕوونکردنەوە | ئایەت |
|---|---|---|
| **داود** | داودی زەبوورنووس دووەم پاشای ئیسرائیل بوو، لە ساڵی (١٠١٠) پ. ز. هاتە سەر تەختی پاشایەتی. بە مەزنترین پاشای ئیسرائیل دادەنرێ. | دووەم samوئێل ١٨:٧؛ مەتا ١:١ |
| **ڕاحاب** | ژنێکی داوێنپیس بوو لە شاری ئەریحا دەژیا، لە سەدەی سێزدەمینی پ. ز. دوای ئەوەی ئەو دوو سیخوڕەی یەشوعی کوڕی نون ناردبوونی بۆ ئەریحا ئاشکرا بوون، ڕاحاب ئەو دوو پیاوەی شاردەوە، چونکە باوەڕی وابوو خودا ئەریحا دەخاتە ژێردەستی جولەکەکان، بەو جۆرە ڕاحاب ڕزگاری بوو. | یەشوع ٢:١-٢٤، ٦:٢٥؛ یاقوب ٢:٢٥-٢٦ |
| **زەکەریا** | لە کتێبی پیرۆزدا دوو کەس هەبوون بەناوی زەکەریا: ١. زەکەریای پێغەمبەر لە سەدەی شەشەمی پ. ز. ژیاوە، لە کتێبی پیرۆزدا پەڕتووکێك بە ناوی ئەو هەیە، پێشبینی هاتنی مەسیحی کردووە. ٢. زەکەریای کاهین پێش هاتنی مەسیح ژیاوە، باوکی یەحیای لەئاوهەڵکێش بووە. | دووەم پاشایان ٨:١٥؛ لۆقا ١:٥ |
| **ساوفیلۆس** | ناوێکی یۆنانییە بە واتای خۆشەویستی خودا دێت. ساوفیلۆس ئەو پیاوە ڕۆمانییەیە کە لۆقا مژدەی داوەتێ. لەوە دەچێت پیاوێکی ناودار بووبێت، زۆر کەس دەڵێن پارێزەر بووە و بەرگری لە پۆڵۆسی نێردراو کردووە کاتێك لە ڕۆما زیندانی کراوە. | لۆقا ١:١ |
| **سلێمان** | سلێمان پاشا لە دوای داودی باوکی بوو بە پاشای ئیسرائیل. پەرستگای یەزدان لە ئۆرشەلیم لەسەر دەستی سلێمان بنیاد نرا. سلێمان بە دانایی ناوبانگی دەرکردبوو. | یەکەم پاشایان ١:٤٦؛ پەندەکانی سلێمان ١:١ |
| **عیسا** | لە یێسوسی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بە عیبری پێی دەگوترێت یەهۆشوع یان یەشوع، واتە خودا ڕزگار دەکات. | دەرچوون ٩:١٧؛ مەتا ١:٢١ |
| **قایین** | کوڕە نۆبەرەی ئادەم بوو. یەکەمین بکوژ بووە لەسەر زەوی، کاتێك هابیلی برای خۆی کوشت. | پەیدابوون ٤ |
| **مریەمی مەجدەلی** | مریەمی مەجدەلی، پێش باوەڕهێنانی بە مەسیح، ژنێکی داوێنپیس بوو، بەڵام عیسای مەسیح بەزەیی پێدا هاتەوە و ڕزگاری کرد لە بەندی گوناە و تاوان. مریەمی مەجدەلی شایەتی هەستانەوەی مەسیح بووە لە مردن، لەدوای ئەوەی کە فریشتەی یەزدان بۆی دەردەکەوێت و پێی دەڵێت کە مەسیح هەستاوەتەوە. | مەتا ٢٧:٥٦؛ یۆحەنا ٢٠:١ |


| ناو | ڕوونکردنەوە | ئایەت |
|---|---|---|
| **مەسیح** | لە وشەی مەشیخی عیبرییەوە هاتووە بە واتای دەستنیشانکراو بە چەورکردن. لەلای جولەکەکان پاشا و پێغەمبەر و کاهین دەستنیشان دەکران. بەپێی پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن، جولەکەکان چاوەڕێی ئەو کەسەیان دەکرد کە وەکو ڕزگارکەر دێت و لە هەمان کاتدا کاری پاشا و پێغەمبەر و کاهینیش دەکات، بەڵام کە هات باوەڕیان پێی نەکرد، چونکە وایان دەزانی لە ژێر چنگی ڕۆمانییەکان ڕزگاریان دەکات و لەسەر زەوی پاشایەتییەك بۆ گەلی جولەکە دادەمەزرێنێت. نەیانزانی هاتووە لە کۆیلایەتی گوناه ڕزگاریان بکات. | مەتا ١٦:١٦ |
| **مەلکیسادق** | پاشای شالیم (ئۆرشەلیم) بووە، باڵاترین کاهینی خودا بوو. کاهینێتییەکەی هەمیشەیی بوو، ئەمەش هێمایە بۆ مەسیح. لەدوای گەڕانەوەی ئیبراهیم لە شەڕی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی دیکەی هاوپەیمانی، دەیەکی لە ئیبراهیم وەرگرت. | پەیدابوون ١٤:١٨؛ عیبرانییەکان ٦:٥؛ ٧:١-٨ |
| **هابیل** | دووەم کوڕی ئادەم بوو. یەکەمین مرۆڤ بووە کە بە دەستی مرۆڤەوە کوژراوە، لەلایەن قایینی برایەوە کوژرا | پەیدابوون ٤ |
| **هارون** | هارونی کاهین برای موسایە. یارمەتیدەری موسا بوو لە گەیاندنی وشەی خودا بە گەلی ئیسرائیل. هارون بە پەرجووی گۆچانەکەی بەناوبانگە کە بووە مارێکی گەورە و مارەکانی دیکەی هەڵلووشی | دەرچوون ٤:٢٧-٣١ |
| **هێرۆدس** | لە ئینجیلدا سێ کەس بەم ناوە ناوبراون: ١. هێرۆدسی گەورە، لە سەردەمی ئەو عیسا لەدایك بوو. بە ڕەگەز ئادومی بوو، لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە کرابووە پاشا لەسەر فەلەستین. بە دڵڕەقی و فێڵبازی ناوبانگی دەرکردبوو. هەوڵی دا عیسا بە منداڵی بکوژێ، بۆیە فەرمانی دا هەموو منداڵەکانی بێتلەحم کە تەمەنیان دوو ساڵ و بچووکتر بوو، بکوژرێن. ٢. هێرۆدس ئەنتیپاس، کوڕی هێرۆدسی گەورە بوو لە ملتاقە. پاش مردنی باوکی بووە حوکمڕانی ناوچەی جەلیل. بەشدار بوو لەو حوکمەی مردن کە بەسەر عیسادا درا. ٣. هێرۆدس ئەگریپاسی یەکەم، کوڕەزای هێرۆدسی گەورە بوو، لە ساڵی (٣٧) ز. بووە حوکمڕانی باکووری فەلەستین، پاشان لە ساڵانی (٤١-٤٤) ز. بووە پاشای هەموو فەلەستین. یاقوبی برای یۆحەنای بە شمشێر کوشت. | مەتا ٢:١-٢٢؛<br>لۆقا ٢٣:٧؛<br>کردار ١٢:١-٢٤ |


| ناو | ڕوونکردنەوە | ئایەت |
| --- | --- | --- |
| **یەرمیا** | لە سەدەی حەوتەمی پ. ز. ژیاوە، خزمەتەکەی لە (٦٢٦) پ. ز. تا کەوتنی ئۆرشەلیم (٥٨٧) پ. ز. بوو. یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی خودا لە پەیمانی کۆن. لە کتێبی پیرۆزدا دوو نووسراوی هەیە، پێشبینی زۆری هەیە لەسەر هاتنی مەسیح و پەیمانی نوێ. | مەتا ١٧:٢ |
| **یەهوزای ئەسخەریوتی** | یەکێك بوو لە دوازدە قوتابییەکەی مەسیح، ناپاکی لە مەسیح کرد و لە پێناو بڕێك زیو مەسیحی بە گرتن دا. یەهوزا لە دوای لەخاچدانی مەسیح، لە پەشیمانیدا خۆی کوشت... | مەتا ٢٦:٤٧-٥٠؛<br>مەتا ٢٧:٣-٥ |
| **یونس** | لە زمانی عیبری پێی دەگوترێ یۆناە واتە کۆتر، بەڵام لە کەلتوری کوردی بە یونس ناسراوە. لە نزیکەی سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین لە ئیسرائیل لەدایکبووە. بەو چیرۆکە بەناوبانگە کاتێك سەرپێچی فەرمانی خودای کرد سێ شەو و سێ ڕۆژ لەنێو سکی ماسییەکی گەورەدا مایەوە. | یونس ١: ١-٣؛<br>دووەم پاشایان ١٤: ٢٥ |

# لستی شوێنەکان


| ناوی شوێن | ڕوونکردنەوە | ئایەت |
|---|---|---|
| **ئەنتاکیا** | لە سەردەمی مەسیح دوو شار هەبوون بەناوی ئەنتاکیا. یەکەمیان لە سەر سنووری سوریایە، هەتا ئێستا ماوە و سەر بە تورکیایە. دووەمیان لە ناوچەی پیسیدیا بوو (تورکیای ئێستا)، بۆیە بە ئەنتاکیای پیسیدیا ناوی دەرکردبوو. | کردار ١١:١٩؛ کردار ١٤:٢٦ |
| **بابل** | وشەیەکی ئەکەدییە و بە واتای دەرگای خودا دێت. لە ساڵانی (٦٠٥-٥٣٩) پ. ز. بابل پایتەختی پاشایەتی بابلییەکان بووە. ناوی بابل بووە هێما بۆ ئەو دەسەڵاتەی بەرەنگاری خودا دەبێتەوە. لە پەیمانی نوێدا ناوی بابل وەك هێما بۆ شاری ڕۆما بەکارهێنراوە. | دەرچوون ١١:٩؛ یەکەم پەترۆس ٥:١٣ |
| **بێتلەحم** | شارێکی بچووکە لە دووری هەشت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئۆرشەلیم. عیسای مەسیح و داودی پاشا لەم شارە لەدایك بوون. | مەتا ٢:٥ |
| **دە شارەکە** | بە یۆنانی پێی دەگوترێت دیکاپۆلیس. ئەو شارانە بوون کە یۆنانییەکان تێیدا بە سەربەخۆیی دەژیان، دەکەوتنە ڕۆژهەڵاتی دەریای جەلیل. پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە یەکترەوەی بەستبوونەوە. | مەتا ٤:٢٥ |
| **سامیرە** | بەشی ناوەڕاستی فەلەستینە، پایتەختەکەی سامیرەیە، لە سەردەمی هێرۆدسی گەورە ناوی گۆڕا بۆ مبسەتە. | یۆحەنا ٤:٤ |
| **سەدۆم** | لە سەردەمی پێغەمبەر لوت دانیشتووانی شاری سەدۆم هەموو خراپەکار بوون، بۆیە کەوتنە بەر تووڕەیی خودا، تەنها حەزرەتی لوت و دوو کچەکەی ڕزگاریان بوو. سەدۆم بووە نموونەی ئەو شارانەی خراپەکاریان زۆرە. | دەرچوون ١٩:٢٤؛ لۆقا ١٠:١٢ |
| **سینا** | ناوچەیەکی بیابانییە کە دەکەوێتە نێوان میسر و فەلەستین. چیای سیناش کە موسا لەسەری خودای بینی، دەکەوێتە هەمان ناوچە. لەوێ خودا سروشی بۆ موسا نارد. هەروەها بە چیای حۆرەیبیش بەناوبانگە. | دەرچوون ١٩:١؛ کرداری نێردراوان ٧:٣٠ |
| **کەفەرناحوم** | لە سەردەمی مەسیحدا، فەلەستین کرابوو بە سێ ناوچەوە: لە سەرەوە جەلیل، لە ناوەڕاست سامیرە، لە خوارەوە یەهودیا. | مەتا ٢:٢٢ |
| **ناوچەی جەلیل** | شارێکە لەسەر دەریاچەی جەلیل. | مەتا ٤:١٣ |
| **یەهودیا** | ناوی ناوچەیەکی فەلەستین بووە لە سەردەمی مەسیحدا، کە دەکەوتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری یافا. | مەتا ٢:١ |


کوڕانی پێغەمبەر نوح
نەوەکانی سام
نەوەکانی حام
نەوەکانی یافەت
ئەوروپا
زەریای ئەتڵەسی
نەوەکانی گۆمەر و یاڤان
ماگۆگ
گـۆمـەر
ئەشکەنەز
دەریای قەزوین
دەریای ڕەش
مەشەک
تیراس
ڕیفەت
توبال
تۆگەرما
گۆمەر
ئەشکەنەز
مادەی
میدیا
فـارس
ئەرشیش
ئـەلیشـا
یۆنـان
یـاڤـان
لوود
ئاشوور
ئـاسـیا
حێیت
ئارام
نەمرود
ئیلام
مەشەک
ئەرپەکشاد
کەنداوی فارس
ڕەعما
ئۆفیر
کەفتۆری
کیتیم
کەنعان
دەریای ناوەڕاسـت
فەلەستیە
حەڤیلا
دیدان
شەبا
لەهابی
دیدان
پووت
لیبیا
لوودی
میسرایم
ئـەفـریقـیا
میسر
عەرەبستان
یـۆقتـان
حەچەرماڤەت
پاترووسی
دەریای سوور
حەڤیلا
ئوزال
شەبا
ئۆفیر
کوش
ئەسیوپیا



کۆچی ئیبراهیم
باکور
باشور
حیتییەکان
تەرسۆس
کیتیم
(قوبرس)
دەریای ناوەڕاست
کەنعان
گەبەل
سەیدا
سور
مەگیدۆ
شالیم
بیری شابەع
گۆشەن
میسر
مەمفیس
ڕووباری نیل
دەریای سوور
میدیان
سوریا
حەمات
قادێش
حەلەب
کەرکەمیش
دیمەشق
قێدار
دەریاچەی جەلیل
ڕووباری ئوردون
شەخەم
بێتئێل
ئەریحا
دەریای مردوو
(دەریای خوێ)
حەبرۆن
قادێش بەرنێع
دوما
بیابانی عەرەبستان
حورییەکان
پەدان ئارام
حاران
نێوان دوو ڕووبار
(میسۆپۆتامیا)
ماری
ڕووباری فورات
ئاشوور
نەینەوا
بێتئەربێل
(هەولێر)
ڕووباری دجلە
ماد
ئەکەد
بابل
بابل
ئیلام
شوش
ئور


دەرچوون
ڕێگەی دەرچوونی گەلی ئیسرائیل
دەکرا بەو ڕێگەیەدا بڕۆن
دەریای ناوەڕاست
ڕووباری نیل
مەمفیس
ئۆن
میسر
خاکی گۆشەن
ڕەعمسێس
سوکۆت
پیتۆم
ئیتام
دەریاچەی تیمساح
دەریاچەی مەڕە
میگدۆل
پی هەحیرۆت
بەعل چیفۆن
لە دەریای سوور پەڕینەوە
مارا
ئیلیم
کەنداوی سوێس
چۆڵەوانیی شوور
ڕێگەی شوور
ڕێگەی خاکی فەلەستییەکان
دۆفقە
ئالوش
ڕەفیدیم
سینا
شاخی سینا (کێوی حۆرێڤ)
حەچێرۆت
چۆڵەوانیی پاران
قادێش بەرنیع
عەزە
ئەشدۆد
کەنعان
لاخیش
بیری شابەع
حەبرۆن
نەگەڤ
ئۆرشەلیم
بیت ئێل
یەریحا
چیای نەبۆ
دیبۆن
ڕووباری ئەرنۆن
دەریای مردوو
ئۆبۆت
پونۆن
ئەدۆم
ڕێگەی سەرەکی پاشا
چۆڵەوانیی چن
عەچیۆن گەبەر
ئیلەت
میدیان
دەریای سوور
کەنداوی ئەقابە


# چادری پەرستنی موسا




## نەخشەی چادری پەرستنی موسا





داگیرکردنی کەنعان
سەیدا
سەیدائی
زنجیرە چیاکانی لوبنان
حیڤییەکان
ئارام
دیمەشق
چیای حەرمۆن
دان
سور
دان (لایش)
نەفتالی
ئاشێر
حاچۆر
دەریاچەی
جەلیل
دەریای ناوەڕاست
عەشتارۆت
کێوی کارمەل
کێوی تاڤۆر
زەبولون
کانی دۆر
مەنەشە
(ڕۆژهەڵات)
دۆر
مەگیدۆ
شونێم
ئەزرەعیل
یەساخار
چیای گلبۆع
مەنەشە
(ڕۆژئاوا)
یاڤێش
ڕووباری ئوردون
عەمۆن
شەخەم
گاد
شیلۆ
یافا
ئەفرایم
بێتئێل
عای
گلگال
دان
بنیامین
ئەریحا
ڕەبە
بێتبەعۆر
گیڤعا
ئەشدۆد
ئۆرشەلیم
لیڤنا
بێتلەحم
ئەسقەلان
ڕەئوبێن
گەت
لاخیش
غەزە
حەبرۆن
دەریای مردوو
کانی گەدی
یەهودا
مۆئاب
بیری شابەع
حۆرما
شیمۆن
باکور
نەقەب
ئەدۆم


شانشینی
ئیسرائیل و یەهودا
سەیدا
زنجیرە چیاكانی لوبنان
دیمەشق
چیای حەرمۆن
سەرەفەند
سوریا
سور
دان
حاچۆر
باشان
دەریای ناوەڕاست
جەلیل
دەریاچەی
جەلیل
كێوی كارمەل
شونێم
مەگیدۆ
ئەزرەعیل
ڕامۆتی گلعاد
ئیسرائیل
ڕووباری ئوردون
سامیرە
شەخەم
گلعاد
عەمۆن
یافا
شیلۆ
بێت‌ئێل
گلگال
ئەریحا
گیڤعا
ئۆرشەلیم
ئەشدۆد
لیڤنا
بێت‌لەحم
ئەسقەلان
فەلەستی
گەت
لاخیش
حەبرۆن
غەزە
دەریای مردوو
یەهودا
بیری شابەع
مۆئاب
باكور
ئەدۆم


# پەرستگای سلێمان




## نەخشەی پەرستگای سلێمان




فەلەستین لە سەردەمی مەسیح
دیمەشق
سەیدا
چیای حەرمۆن
سەرەفەندی سەیدا
قەیسەرییەی فیلیپی
سور
دەریـــای نـاوەڕاسـت
جۆلان
جەلیل
خورازین
بێتسەیدا
کەفەرناحوم
دەریاچەی جەلیل
قانا
تەبەرییە
ناسیرە
چیای کارمەل
چیای تافۆر
نایین
گەدەرین
قەیسەرییە
سامیرە
پەلّلا
دە شارەکە
شەخەم
کێوی گریزیم
گەراسین
ڕووباری ئوردون
سـامیرە
یـافـا
ئەفێق
فیلادەلفیا
ئەفرایم
بیریـە
ئەریحا
ئەمواس
ئۆرشەلیم (قودس)
بێتعەنیا
یـەهـودیـا
بێتلەحم
دەریای مردوو
حەبرون
غەزە
مۆئـــاب
ئەدۆمیا
قیبر حەراسەت


ئۆرشەلیم لە سەردەمی مەسیح
بەرەو سامیرە
شوورای سێیەم
شوورای دووەم
قەڵای ئەنتۆنیا
بەرەو ئەریحا
ناوچەی پەرستگا
شوورای یەکەم
بەرەو یافا
کۆشکی هیرۆدس
کۆشکی پاشایەتی
بەرزایی چیای سیۆن
شاری داود
گۆمی سیلوام
بەرەو بێتلەحم


یەکەمین و دووەمین گەشتی پۆڵس
دەریای ناوەڕاست
گەشتی یەکەم
گەشتی دووەم
مەکدۆنیا
ئەخایا
گەلاتیا
پیسیدیا
پامفیلیا
ئەنتاکیا
سەرەتای هەردوو گەشتی یەکەمین و دووەمین
نیاپۆلیس
فیلیپی
ئەمفیپۆلیس
سالۆنیکی
ئەپۆلۆنیا
بیریە
ترۆیاس
ئەسینا
کۆرنسۆس
کەنخریا
ئەفەسۆس
ڕودس
کریت
ئەنتاکیای پیسیدیا
کۆنیا
لیسترا
دەربە
تەرسۆس
پەرگە
پەمفیلیا
سەلامیس
قوبرس
پافۆس
سەیدا
سور
پتولمایس
قەیسەرییە
ئۆرشەلیم (قودس)


سێیەمین گەشتی پۆڵس و گەشتەکەی بەرەو ڕۆما
گەشتی سێیەم
گەشت بەرەو ڕۆما
دەریای ڕەش
مەکدۆنیا
ڕۆما
سێ خانەکە
گۆڕەپانی ئەپیۆس
پوتیولی
ئیتالیا
ڕیگیوم
سیراکۆسا
دەریای ئەدریا
ماڵتا
فیلیپی
نیاپۆلیس
سالۆنیکی
ئەپۆلۆنیا
بیریە
ئەسینا
کۆرنسۆس
ئەسۆس
میتیلینی
ئەفەسۆس
میلیتۆس
گەلاتیا
ئەنتاکیای پیسیدیا
کۆنیا
لیسترا
دەربە
تەرسۆس
پیسیدیا
لیکیە
پەترا
میرا
کیلیکیا
ئەنتاکیا
کریت
بەندەرە باشەکان
دەریای ناوەڕاست
سەیدا
سور
پتولمایس
قەیسەرییە
ئۆرشەلیم (قودس)
ئەسکەندەرییە

# کورتەی مێژوویی پەیمانی کۆن

| ساڵی نزیکەیی | کەسە گرنگەکان | ڕووداوە بەرچاوەکان | سەرچاوەی کتێبی پیرۆز |
|---|---|---|---|
| | **ئادەم و حەوا**<br>**نوح** | پەیدابوون<br>لافاو | پەیدابوون ١- ١١ |
| ساڵی ١٨٠٠ ی پ. ز | **ئیبراهیم**<br>**ئیسحاق**<br>**یاقوب** | | پەیدابوون ١٢- ٣٦ |
| | **یوسف** | | پەیدابوون ٣٧ - ٥٠ |
| ساڵی ١٤٠٠ ی پ. ز | **موسا** | دەرچوون لە میسر | دەرچوون ١ - ١٢ |
| | | پێدانی تەورات<br>و<br>کۆچی گەلی<br>ئیسرائیل<br>بۆ کەنعان | دەرچوون ١٣ - ٤٠<br>لێڤییەکان<br>سەرژمێری<br>دواوتار |
| ساڵی ١٣٠٠ - ١٢٠٠ ی پ. ز | **یەشوع**<br>**شەمشون**<br>**گدعۆن**<br>**ڕائووس**<br>**ساموئێل** | داگیرکردنی کەنعان<br>نیشتەجێبوونی گەلی ئیسرائیل لە کەنعان | یەشوع<br>ڕابەران<br>ڕائووس<br>یەکەم ساموئێل ١ - ٧ |
| ساڵی ١٠٠٠ ی پ. ز | **شاول**<br>**داود**<br>**سلێمان** | دامەزراندنی پاشایەتی ئیسرائیل | یەکەم ساموئێل ٨ - ٣١<br>دووەم ساموئێل<br>یەکەم پاشایان |

| سالی نزیکەیی | کەسە گرنگەکان | ڕووداوە بەرچاوەکان | سەرچاوەی کتێبی پیرۆز |
|---|---|---|---|
| ساڵی ٩٣٠ ی پ. ز | | پاشایەتی ئیسرائیل دابەش دەبێت بەسەر یەهودا و ئیسرائیلدا | یەکەم پاشایان ١٢ |
| ساڵی ٨٠٠ ی پ. ز | **ئەلیاس**<br>**ئەلیشەع** | | یەکەم پاشایان ١٧<br>دووەم پاشایان |
| ساڵی ٧٢٢ ی پ. ز | **ئامۆس**<br>**هۆشەع** | **کەوتنی سامیرە**<br>ڕاپێچکردنی ئیسرائیل | دووەم پوختەی مێژوو ١٢- ٣٦<br>**یونس** |
| ساڵی ٧٠٠ ی پ. ز | **ئیشایا**<br>**میخا** | | **یۆئێل**<br>**ناحوم**<br>**زەفەنیا**<br>**شینەکانی یەرمیا**<br>**حەبەقوق**<br>**عۆبادیا** |
| ساڵی ٥٨٧ ی پ. ز | **یەرمیا**<br>**خزقیال**<br>**دانیال** | کەوتنی ئۆرشەلیم<br>ڕاپێچکردنی گەلی یەهودا | |
| ساڵی ٤٠٠ ی پ. ز | **حەگەی**<br>**زەکەریا**<br>**مەلاخی** | گەڕانەوەی گەلی یەهودا بۆ ئۆرشەلیم | **عەزرا**<br>**نەحەمیا**<br>**ئەستێر** |

# کورتەی مێژوویی پەیمانی نوێ

| ساڵ | ڕووداوەکان | سەرچاوەکانی کتێبی پیرۆز |
|---|---|---|
| ٤ - ٦ پ. ز. | لەدایکبوونی مەسیح | مەتا ١: ١٨ |
| ٤ پ. ز. | مردنی هێرۆدسی پاشا | مەتا ٢: ١٩ |
| ٦- ٨ ز. | عیسا لە پەرستگادا لە تەمەنی ١٢ ساڵی | لوقا ٢: ٤١ - ٥٠ |
| ٢٦ | لەئاوهەڵکێشانی عیسا | مەتا ٣: ١٣ |
| ٢٦ | یەکەم پەرجوی عیسا | یۆحەنا ٢: ١ |
| ٢٨- ٢٩ | کوژرانی یەحیای لەئاوهەڵکێش | مەتا ١٤: ١ |
| ٣٠ | مردن و زیندووبوونەوەی عیسا | مەتا ٢٧: ٤٥ |
| ٣٠ | بەخشینی رۆحی پیرۆز | کردار ٢: ١- ١٢ |
| ٣٠ | شەهیدبوونی ستیفانۆس | کردار ٧: ٥٧- ٦٠ |
| ٣٥ | باوەڕهێنانی شاول (پۆڵس) | کردار ٩: ١- ١٩ |
| ٤٦- ٤٨ | یەکەم گەشتی پۆڵس | کردار ١٣: ٢- ١٤: ٢٨ |
| ٤٩- ٥٠ | یەکەم ئەنجوومەنی برایان لە ئۆرشەلیم | کردار ٥: ٦- ٢١ |
| ٥١ | نووسینی یەکەم نامەی سالۆنیکی (لە کۆرنسۆسەوە) | |
| ٥١- ٥٢ | نووسینی دووەم نامەی سالۆنیکی (لە کۆرنسۆسەوە) | |
| ٥٠- ٥٢ | دووەم گەشتی پۆڵس | کردار ١٥: ٤٠- ١٨: ٢٣ |
| ٥٣ | نووسینی نامەی گەلاتیا (لە کۆرنسۆسەوە) | |
| ٥٣- ٥٧ | سێیەم گەشتی پۆڵس | کردار ١٨: ٢٣- ٢١: ١٧ |
| ٥٥ | نووسینی یەکەم نامەی کۆرنسۆس (لە ئەفەسۆسەوە) | |
| ٥٥ | نووسینی دووەم نامەی کۆرنسۆس (لە مەکدۆنیاوە) | |
| ٥٧ | نووسینی نامەی ڕۆما (لە کۆرنسۆسەوە) | |
| ٦٠ | نووسینی نامەی ئەفەسۆس (لە ڕۆماوە) | |
| ٦٣- ٦٥ | نووسینی یەکەم نامەی تیمۆساوس و تیتۆس (لە فیلیپپیەوە) | |
| ٦٧- ٦٨ | نووسینی دووەم نامەی تیمۆساوس (لە ڕۆماوە) | |
| ٦٧- ٦٨ | شەهیدبوونی پۆڵس (لە ڕۆما) | |
| ٧٠ | وێرانکردنی ئۆرشەلیم بە دەستی ڕۆمانییەکان | |

# پەرجووەکانی عیسای مەسیح

| | مەتا | مەرقۆس | لۆقا | یۆحەنا |
|---|---|---|---|---|

**چاککردنەوەی نەخۆش**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پاکبوونەوەی نەخۆشی گولی | ٨: ١- ٤ | ١: ٤٠- ٤٤ | ٥: ١٢- ١٤ | |
| چاککردنەوەی خزمەتکاری سەرپەلێکی ڕۆمانی | ٨: ٥- ١٣ | | ٧: ١- ١٠ | |
| چاککردنەوەی خەسووی پەترۆس | ٨: ١٤- ١٥ | ١: ٣٠- ٣١ | ٤: ٣٨- ٣٩ | |
| دەرکردنی ڕۆحی پیس لە دوو پیاو | ٨: ٢٨- ٣٤ | ٥: ١- ١٥ | ٨: ٢٧- ٣٩ | |
| چاککردنەوەی ئیفلیجێك | ٩: ٢- ٧ | ٢: ٣- ١٢ | ٥: ١٨- ٢٦ | |
| چاککردنەوەی خوێنبەربوونی ژنێك | ٩: ٢٠- ٢٢ | ٥: ٢٥- ٣٤ | ٨: ٤٣- ٤٨ | |
| چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا | ٩: ٢٧- ٣١ | | | |
| لاڵێك دەکەوێتە قسەکردن | ٩: ٣٢- ٣٣ | | | |
| چاککردنەوەی دەستی وشکی پیاوێك | ١٢: ١٠- ١٣ | ٣: ١- ٥ | ٦: ٦- ١١ | |
| پیاوێکی نابینا و لاڵ لە ڕۆحی پیس ڕزگار دەبێت و چاکدەبێتەوە | ١٢: ٢٢- ٢٣ | | ١١: ١٤ | |
| چاککردنەوەی کچی ژنە کەنعانییەکە | ١٥: ٢١- ٢٨ | ٧: ٢٤- ٣٠ | | |
| چاککردنەوەی کوڕە فێدارەکە | ١٧: ١٤- ٢١ | ٩: ١٧- ٢٩ | ٩: ٣٨- ٤٣ | |
| چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا (هەروەها بارتیماوس) | ٢٠: ٢٩- ٣٤ | ١٠: ٤٦- ٥٢ | ١٨: ٣٥- ٤٣ | |
| چاککردنەوەی پیاوێك لە کەنیشت کە ڕۆحی پیسی تێدابوو | | ١: ٢١- ٢٨ | ٤: ٣١- ٣٧ | |
| چاکبوونەوەی کەسێکی نابینا | | ٨: ٢٢- ٢٦ | | |
| چاککردنەوەی ژنێکی قەمبوور | | | ١٣: ١٠- ١٧ | |
| چاککردنەوەی پیاوێك نەخۆشی ئاوبەندی هەبوو | | | ١٤: ١- ٤ | |
| چاککردنەوەی دە نەخۆشی گول | | | ١٧: ١١- ١٩ | |
| چاککردنەوەی کۆیلەی سەرۆك کاهین | | | ٢٢: ٥٠- ٥١ | |
| چاککردنەوەی کوڕی کاربەدەستێکی پاشا | | | | ٤: ٤٦- ٥٤ |
| چاککردنەوەی نەخۆشێکی گول لە بێت حەسدا | | | | ٥: ١- ١٥ |

| | مەتا | مەرقۆس | لۆقا | یۆحەنا |
|---|---|---|---|---|
| چاککردنەوەی کەسێکی بە زگماك نابینا | | | | ٩: ١- ٤١ |

## سروشت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هێمنکردنەوەی ڕەشەبا | ٨: ٢٣- ٢٧ | ٤: ٣٧- ٤١ | ٨: ٢٢- ٢٥ | |
| ناندانی پێنج هەزار کەس | ١٤: ١٤- ٢١ | ٦: ٣٠- ٤٤ | ٩: ١٠- ١٧ | ٦: ١- ١٤ |
| ڕۆییشتن بەسەر ئاودا | ١٤: ٢٢- ٣٢ | ٦: ٤٧- ٥٢ | | ٦: ١٦- ٢١ |
| ناندانی چوار هەزار کەس | ١٥: ٣٢- ٣٩ | ٨: ١- ٩ | | |
| ستاتیرێك لە دەمی ماسی | ١٧: ٢٤- ٢٧ | | | |
| دارهەنجیری بێ بەر | ٢١: ١٨- ٢٢ | ١١: ١٢- ٢٥ | | |
| ڕاوکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ماسی | | | ٥: ٤- ١١ | ٢١: ١- ١١ |
| گۆڕینی ئاو بۆ شەراب | | | | ٢: ١- ١١ |

## زیندووکردنەوەی مردوو

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زیندووکردنەوەی کچێك | ٩: ١٨- ٢٦ | ٥: ٢١- ٤٣ | ٨: ٤٠- ٥٦ | |
| زیندووکردنەوەی لاوێك لە نایین | | | ٧: ١١- ١٧ | |
| زیندووکردنەوەی لەعازر | | | | ١١: ١- ٤٤ |

# پەندەکانی عیسای مەسیح

| | مەتا | مەرقۆس | لۆقا |
|---|---|---|---|
| چرای ژێر تەشت | ٥: ١٤- ١٦ | ٤: ٢١- ٢٢ | ٨: ١٦; ١١: ٣٣ |
| بنیادنانی دانا و گێل | ٧: ٢٤- ٢٧ | | ٦: ٤٧- ٤٩ |
| پینەی نوێ لەسەر کراسی کۆن | ٩: ١٦ | ٢: ٢١ | ٥: ٣٦ |
| شەرابی نوێ لەناو مەشکەی کۆن | ٩: ١٧ | ٢: ٢٢ | ٥: ٣٧- ٣٩ |
| تۆوەدەر و زەوی جۆراوجۆر | ١٣: ٣- ٨، ١٨- ٢٣ | ٤: ٣- ٨، ١٤- ٢٠ | ٨: ٥- ٨، ١١- ١٥ |
| گەنم و زیوان | ١٣: ٢٤- ٣٠، ٣٦- ٤٣ | | |
| دەنکە خەردەل | ١٣: ٣١- ٣٢ | ٤: ٣٠- ٣٢ | ١٣: ١٨- ١٩ |
| هەویرترش | ١٣: ٣٣ | | ١٣: ٢٠ |
| گەنجینەی شاردراوە | ١٣: ٤٤ | | |
| مرواری نایاب | ١٣: ٤٥- ٤٦ | | |
| تۆڕ و ماسیگرتن | ١٣: ٤٧- ٥٠ | | |
| خاوەن ماڵ | ١٣: ٥٢ | | |
| مەڕە ونبووەکە | ١٨: ١٢- ١٤ | | ١٥: ٤- ٧ |
| خزمەتکار و گەردن ئازادکردن | ١٨: ٢٣- ٣٥ | | |
| کرێکارانی ناو ڕەز | ٢٠: ١- ١٦ | | |
| دوو کوڕەکە | ٢١: ٢٨- ٣٢ | | |
| ڕەزەوانەکان | ٢١: ٣٣- ٤٠ | ١٢: ١- ١١ | ٢٠: ٩- ١٨ |
| بانگهێشتکراوانی زەماوەند | ٢٢: ٢- ١٤ | | |
| دار هەنجیر | ٢٤: ٣٢- ٣٥ | ١٣: ٢٨- ٣١ | ٢١: ٢٩- ٣٣ |
| کۆیلەی دڵسۆز و ژیر | ٢٤: ٤٥- ٥١ | | ١٢: ٤٢- ٤٨ |
| کچە داناکان و کچە گێلەکان | ٢٥: ١- ١٣ | | |
| دواکەوتنی گەورەی ماڵ و تالنتەکانی | ٢٥: ١٤- ٣٠ | | |
| جیاکردنەوەی مەڕ و بزن | ٢٥: ٣١- ٤٦ | | |
| گەشەکردنی ڕووەك | | ٤: ٢٦- ٢٩ | |
| گەڕانەوەی گەورەی ماڵ | | ١٣: ٣٤- ٣٧ | ١٢: ٣٥- ٤٠ |
| قەرزدەر و قەرزارەکان | | | ٧: ٤١- ٤٣ |

| | مەتا | مەرقۆس | لۆقا |
|---|---|---|---|
| سامیرەییە چاکەکە | | | ١٠: ٣٠- ٣٧ |
| هاوڕێی داواکار | | | ١١: ٥- ٨ |
| مرۆڤێکی دەوڵەمەند | | | ١٢: ١٦- ٢١ |
| هەنجیری بێبەر | | | ١٣: ٦- ٩ |
| بانگهێشتی ڕێزداران | | | ١٤: ٧- ١٤ |
| خوانێکی گەورە | | | ١٤: ١٦- ٢٤ |
| خەمڵاندن بۆ دروستکردنی قوللە | | | ١٤: ٢٨- ٣٣ |
| درهەمە ونبووەکە | | | ١٥: ٨- ١٠ |
| کوڕە ونبووەکە | | | ١٥: ١١- ٣٢ |
| سەرکاری ناپاک | | | ١٦: ١- ٨ |
| پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازر | | | ١٦: ١٩- ٣١ |
| کۆیلەی گوێڕایەڵ | | | ١٧: ٧- ١٠ |
| دادوەر و بێوەژنێك | | | ١٨: ٢- ٨ |
| فەریسی و باجگر | | | ١٨: ١٠- ١٤ |
| دە میناکە | | | ١٩: ١٢- ٢٧ |

# حەوت بەند لە پەیامی کتێبی پیرۆز

١. **خودا یەکە.** خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە لە گەردوون. خودا مرۆڤی بۆ ئەوە بەدیهێنا کە بە خۆشییەوە هاوبەشی لەگەڵ بکات و بیپەرستێت.

**«ئەی خودای پەروەردگارمان، تۆ شایانی ئەوەی شکۆ و ڕێز و توانا وەربگریت، چونکە تۆ هەموو شتێکت بەدیهێناوە، بە خواستی تۆش هەن و بەدیهێنران. »**

(ئاشکراکردن ٤: ١١)

هەروەها بڕوانە (مەرقۆس ١٢: ٢٩، ڕۆما ٣: ٣٠، یەکەم تیمۆساوس ٢: ٥، عیبرانییەکان ١١: ٣).

ئەگەر خودا مرۆڤی بۆ خۆشی بەدیهێنا، بۆچی خراپە بەم ڕادەیە دەستی گرتووە بەسەر جیهاندا؟
بۆچی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ پچڕاوە؟

٢. **مرۆڤ گوناهبارە.** مرۆڤ لە خودای بەدیهێنەری یاخی بووە، کەس نییە یاخی نەبووبێ.

**«لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. »**

(ڕۆما ٣: ٢٣)

**«کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەکێکیش، کەس نییە تێبگات، کەس نییە بەدوای خودا بگەڕێت.**
**هەموو ڕوویان وەرگێڕا و پێکڕا بێ سوود بوون. کەس نییە چاکە بکات، تەنانەت یەکێکیش نییە. »**

(ڕۆما ٣: ١٠-١٢)

هەروەها بڕوانە (مەرقۆس ٧: ١٨-٢٣، یۆحەنا ٣: ١٩-٢٠؛ ٨: ٣٤؛ ١٦: ٨-٩، ڕۆما ١: ١٨-٣١).

کاردانەوەی خودا چییە سەبارەت بە یاخیبوونی مرۆڤ؟
ئایا زوڵم و زۆری مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێت؟

٣. **خودا دادپەروەرە.** خودا بە دادپەروەرییەکی تەواوەوە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا حوکمی خۆی دەدات، بەم شێوەیە هەموو گوناهبارێکیش شایانی لەناوچوونی هەتاهەتاییە.

**«وەك بۆ مرۆڤ دانراوە جارێك بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە. »**

(عیبرانییەکان ٩: ٢٧)

**«ئەوانە بە لەناوچوونی هەتاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەبوونی مەسیح و شکۆی تواناکەی. »**

(دووەم سالۆنیکی ١: ٩)

هەروەها بڕوانە (مەتا ٢٥: ٣١ – ٤٦، لۆقا ٣: ٩، یۆحەنا ٥: ٢٢، کردار ١٧: ٣٠ – ٣١، دووەم پەترۆس ٣: ٩ – ١٣).

ئەگەر سزای لەناوچوونی هەتاهەتایی بەسەرمدا سەپێندراوە، ئایا کەس هەیە منی خۆشبوێ؟
ئایا مژدەی عیسا هەواڵێکی خۆشە؟

٤. **خودا خۆشەویستییە.** خودا عیسای مەسیحی نارد، کە وشە هەتاهەتاییەکەیەتی، تاکو لە جیاتی مرۆڤ بمرێت و مرۆڤ لە گوناهەکانی و لەو سزایەی کە شایانییەتی بە نیعمەتی خۆی بە خۆڕایی ڕزگاریان بکات.

**«خۆشەویستی لەمەدایە: نەك ئێمە خودامان خۆشویست،**

**بەڵکو ئەو خۆشیویستین و کوڕەکەی بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان نارد. »**

(یەکەم یۆحەنا ٤: ١٠)

**«چونکە مەسیح جارێك لەبەر گوناه ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران،**
**تاکو لە خودامان نزیك بکاتەوە. خەڵك مەسیحیان کوشت بەڵام خودا بە ڕۆح زیندووی کردەوە. »**

(یەکەم پەترۆس ٣: ١٨)

هەروەها بڕوانە (مەرقۆس ١٠: ٤٥، لۆقا ١٩: ١٠، یۆحەنا ٣: ١٦ - ١٨، ڕۆما ٣: ٢١ – ٢٦، گەلاتیا ٢: ٢٠، یەکەم پەترۆس ٢: ٢٢-٢٤).

لەدوای ئەوەی مەسیح لەسەر خاچ مرد و نێژرا، چی ڕوویدا؟
ئایا پاش مردن زیندووبوونەوە هەیە؟

٥. **خودا مردووان زیندوو دەکاتەوە.** خودا عیسای مەسیحی لەنێو مردووان زیندوو کردەوە، تاوەکو مرۆڤ بزانێت عیسا پەروەردگارە و لە ڕۆژی دواییشدا ئەو لە مرۆڤ دەپرسێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ بە باوەڕدار ببەخشێت.

**«ئەم عیسایە خودا هەڵیستاندەوە، ئێمەش هەموومان شایەتین بۆی...**
**بۆیە با هەمووماڵی ئیسرائیل بە دڵنیایی بزانن، ئەو عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردی بە مەسیحی خاوەن شکۆ.»**

(کردار ٢: ٣٢، ٣٦)

**«لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ئەو ناوەی دایێ کە لە سەرووی هەموو ناوێکەوەیە، تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەك چۆك دابدەن، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، هەروەها هەموو زمانێك دان بنێت بەوەدا کە عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە، بۆ شکۆی خودای باوك.»**

(فیلیپی ٢: ٩ – ١١)

هەروەها بڕوانە (لۆقا ٢٤: ١-٤٩، یۆحەنا ٢٠: ١-٣١، کردار ١٧: ٣١، ڕۆما ٤: ٢٥، ١٠: ٩-١٠، یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣-٢٠).

ئەو ڕێگایانەی لەپێش مرۆڤن چین؟

٦. **دوو ڕێگا لەبەردەم مرۆڤدا هەن:**

١- ڕێگای مردنی هەتاهەتایی کە دەرئەنجامی یاخیبوونە لە خودا.

٢- ڕێگای ژیانی هەتاهەتاییش کە دەرئەنجامی گەڕانەوەیە بۆ خودا و دانپێدانان بەوەی عیسا پەروەردگارە و مرد و لە ڕۆژی سێیەمدا لەنێو مردووان هەستایەوە، بۆ ئەوەی بێتاوانمان بکات.

**«ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە.**
**بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.»**

(یۆحەنا ٣: ٣٦)

**«ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.»**

(یۆحەنا ٥: ٢٤)

**«تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و دیاری ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن.»**

(کردار ٢: ٣٨)

هەروەها بڕوانە (مەتا ٤: ١٧، ٧: ١٣-١٤، ٢٥: ٣١-٤٦، کردار ١٧: ٣٠، ٢٠: ٢١).

ئەو دوو ڕێگایە چی دەنوێنن لە ژیانی تۆ؟
چۆن مرۆڤ دەچێتە سەر ڕێگای ژیانی هەتاهەتایی؟

٧. **لەدایکبوونەوە.** ئەمە تاکە ڕێگای خودایە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لە مردنی هەتاهەتاییەوە بۆ ژیانی جاویدانی و هەتاهەتایی.

**«ئەگەر یەکێك لەدایك نەبێتەوە، ناتوانێت شانشینی خودا ببینێت...**
**ئەگەر یەکێك لە ئاو و لە ڕۆحی پیرۆز لەدایك نەبێت، ناتوانێت بچێتە ناو شانشینی خودا.»**

(یۆحەنا ٣: ٣، ٥)

**«نەك بەهۆی کاری ڕاستودروست کە ئێمە کردوومانە، بەڵکو بەگوێرەی بەزەیی خۆی ڕزگاری کردین، بە شوشتنی لە دایکبوونەوە و نوێکردنەوەی ڕۆحی پیرۆز.»**

(تیتۆس ٣: ٥)

**«کەواتە ئەگەر هەرکەسێك لەگەڵ مەسیحدا یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ.»**

(دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧)

هەروەها بڕوانە (یۆحەنا ١: ١٢-١٣، ٥: ٢١، ڕۆما ٦: ٤، ١٢: ٢، یاقوب ١: ١٨، یەکەم پەترۆس ١: ٣، ٢٣، یەکەم یۆحەنا ٣: ٩، ٤: ٧، ٥: ١-٢).

ئەگەر دەزانیت کە تۆ لە دژی خودا یاخی بوویت و
حەزدەکەیت بگەڕێیتەوە بۆ ڕێگای خودا، تاکو ڕزگار بیت،
پێویستە چی بکەی بۆ ڕزگاربوونت؟

بە پاڕانەوە و نزاوە قسە لەگەڵ خودا بکە. پێویستت بە سێ شت هەیە:

١. **لێبوردن.** بەهۆی یاخیبوون و گوناهەکانت داوای لێبوردن لە خودا بکە.
٢. **سوپاسگوزاری.** سوپاسی خودا بکە چونکە بە خۆشەویستی خۆی مەسیحی نارد بۆ مردنی لەسەر خاچ لە پێناوی لێخۆشبوونی گوناهەکانت.
٣. **تکاکردن.** داوا لە خودا بکە بۆ ئەوەی لە گوناهەکانت خۆشبێت و یارمەتیت بدات تاکو دڵت بگۆڕێ، هەروەها لە باوەڕ و گوێڕایەڵی مەسیحدا بژیت.

# چۆن باوەڕدار بەگوێرەی کتێبی پیرۆز گەشە دەکات

(لە نیعمەت و ناسینی عیسای مەسیحی ڕزگارکەر و گەورەماندا گەشە بکەن.) (دووەم پەترۆس ٣: ١٨)
بە سوپاسکردنی خودا لە پێناوی بەزەییەکەی (ڕۆما ١٢: ١، ٢) کە بەهۆی عیسای مەسیحەوە بەخۆڕایی بە نیعمەتی خۆی بێتاوانی کردین، باوەڕدار بە کاری ڕۆحی پیرۆز گەشە دەکات و چوار ڕێگای لەبەردەمدا هەیە بۆ بەشداریکردنی لەگەڵ ڕۆحەکە:

١. **بەهۆی وشەی خودا:** بە خوێندنی کتێبی پیرۆز، گوێمان لە دەنگی خودا دەبێت و بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆز پەیوەندیمان لەگەڵ خودا بەهێزتر دەبێت. وشەی خودا بەسوود و کاریگەرە بۆ گەشەکردنی لایەنی ڕۆحی باوەڕدار.

**(هەموو نووسراوە پیرۆزەکان لە سروشی خودان، سوودبەخشن بۆ فێرکردن و سەرزەنشت و ڕاستەڕێکردن و لێڕاهێنان لە ڕاستودروستی.)**

(دووەم تیمۆساوس ٣: ١٦)

هەروەها بڕوانە: (یۆحەنا ١٥: ٧؛ ١٧: ١٧، کۆلۆسی ٣: ١٦، عیبرانییەکان ٤: ١٢ یاقوب ١: ٢١-٢٥، یەکەم پەترۆس ٢: ٢)

٢. **بە هۆی نوێژ:** سەبارەت بە هەموو شتێك لە ڕێگای نوێژەوە لەگەڵ خودا دەدوێین، هەروەکو چۆن منداڵ لەگەڵ باوکی دەدوێ. هەروەها هێز بەدەستدەهێنین بۆ گەشەکردن لە ژیانی ڕۆحی و بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ خودا بە یارمەتی ڕۆحی پیرۆز.

**(بە هەموو جۆرە نوێژێك و پاڕانەوەیەك، هەموو کاتێك لە ڕۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن، بۆ ئەمەش شەوارە بگرن بەوپەڕی بەردەوامی و پاڕانەوە بۆ تەواوی گەلی پیرۆزی خودا.)**

(ئەفەسۆس ٦: ١٨)

هەروەها بڕوانە: (لۆقا ١١: ١-١٢، ڕۆما ١٢: ١٢، یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٧، یاقوب ٥: ١٣-١٦، یەهوزا ٢٠)

٣. **بەهۆی ژیانی هاوبەش:** ئەنجامی خۆشەویستی بۆ خودا خۆشەویستی بۆ خەڵك و بەتایبەتی بۆ باوەڕداران، هەروەها بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتری تاکو بەشداری بکەن لە فێرکردن و نوێژکردن لە پێناوی یەکتری، هەروەها لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان هاوبەشی یەکتر دەبن.

**(با واز لە کۆبوونەوەکانمان نەهێنین، وەك هەندێك لەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو یەکتری هانبدەین، بە تایبەتی کە دەبینن ڕۆژی هاتنەوەی مەسیح نزیك دەبێتەوە.)**

(عیبرانییەکان ١٠: ٢٥)

هەروەها بڕوانە: (کردار ٢: ٤٢-٤٧، ٤: ٣٢-٣٤، یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٢-٢٧، فیلیپی ٢: ١-٤، عیبرانییەکان ٣: ١٣)

٤. **بەهۆی خزمەتکردن:** دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خودا و بۆ خەڵکیش لە ژیانی باوەڕدار ڕەنگدەداتەوە. هەروەها بەشداریکردنی یەکتری لە موژدەدان و و فێرکردنی خەڵك سەبارەت بە ڕێگای ڕاستی و یارمەتیدانیان لە پێویستییەکانی ڕۆژانەیاندا.

**کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر وره بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین. ئینجا هەروەك دەرفەتمان هەیە، با چاکە لەگەڵ هەمووان بکەین، بە تایبەتی لەگەڵ خێزانی باوەڕداران.**
(گەلاتیا ٦: ٩-١٠)

**(ڕۆڵە خۆشەویستەکان، با هەر بە وشە و زمان خۆشەویستی نەکەین، بەڵکو بە کردار و بە ڕاستی.)**
(یەکەم یۆحەنا ٣: ١٨)
هەروەها بڕوانە: (مەتا ٢٨: ١٩-٢٠، یۆحەنا ١٣: ١٤-١٧، ڕۆما ١٢: ١-٢١، یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨، ١٦: ١)

# دۆزینەوەی ئایەتی گونجاو

## بۆ یارمەتیدانی لایەنی ڕۆحی باوەڕدار بە مەسیح

## لە هەڵوێست و بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا

**کاتێك بەرەنگاری ئەمانەی خوارەوە دەبیتەوە، ئەم ئایەتانە بخوێنەوە:**

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ١ | ئارەزووەکانی جەستە | دەرچوون ٢٠: ١٤؛ پەندەکانی سلێمان ٥: ١- ٦؛ یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢- ٢٠؛ کۆلۆسی ٣: ٥، ٦ |
| ٢ | ئازارچێژتن | زەبوورەکان ٩: ١٣؛ ئەیوب ٢: ٦- ٧؛ ڕۆما ٥: ٣- ٥؛ یەکەم پەترۆس ٤: ١٢، ١٣، ١٩ |
| ٣ | ئیرەیی | ژیرمەندی ٤: ٤؛ گۆرانی گۆرانییەکان ٨: ٦- ٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٣؛ دووەم کۆرنسۆس ١١: ٢ |
| ٤ | بوختان | حزقیێل ٢٢: ٩؛ زەبوورەکان ١٠١: ٥؛ مەتا ٥: ١١؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١ |
| ٥ | بێهیوایی | پەیدابوون ٨: ١؛ زەبوورەکان ٣: ٢- ٦؛ مەتا ٥: ١- ١٢؛ ڕۆما ٤: ١٨- ٢١ |
| ٦ | پێویستی | زەبوورەکان ٣٤: ١٠؛ یەرمیا ٢٩: ١١؛ فیلیپی ٤: ١٩ |
| ٧ | تاقیکردنەوە | زەبوورەکان ٦٦: ١٠؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٧؛ یەکەم تیمۆساوس ٦: ٦- ١٠ |
| ٨ | ترس | ئیشایا ٣٥: ٤؛ یەشوع ١: ٩؛ لۆقا ١٢: ٤- ٧؛ یۆحەنا ٦: ١٦- ٢١ |
| ٩ | تەڵاق | مەلاخی ٢: ١٦؛ زەبوورەکان ٩١: ١- ١٦؛ مەرقۆس ١٠: ١- ١٢ |
| ١٠ | تەنیایی | دواوتار ٣١: ٦؛ زەبووەکان ٢٧: ١٠؛ عیبرانییەکان ١٣: ٥، ٦ |
| ١١ | تووڕەیی | پەندەکانی سلێمان ٢٩: ١١؛ زەبوورەکان ٣٧: ٨- ٩؛ مەتا ٥: ٢١- ٢٦؛ یاقوب ١: ١٩- ٢١ |
| ١٢ | تۆڵەسەندنەوە | دواوتار ٣٢: ٣٥؛ لێڤییەکان ١٩: ١٨؛ مەتا ٥: ٣٨- ٤٢؛ ڕۆما ١٢: ١٧- ٢١ |
| ١٣ | جیابوونەوە و دابڕان | پەیدابوون ٣١: ٤٩؛ زەبوورەکان ٣٤: ١٨؛ یۆحەنا ١٠: ١٤- ١٦؛ ١٤: ١٥- ٢١ |
| ١٤ | دڵتەنگی | زەبوورەکان ٣٤: ١٨؛ پەندەکان ١٥: ١٣- ١٤؛ یۆحەنا ١٤: ١؛ دووەم کۆرنسۆس ٧: ١٠ |
| ١٥ | دڵنەوایی | دواوتار ٣١: ٨- ٩؛ زەبوورەکان ٢٣: ٤؛ دووەم کۆرنسۆس ١: ٣، ٤ |
| ١٦ | زاڵبوون | زەبوورەکان ٢٧: ١؛ ئیشایا ٤١: ١٣؛ ڕۆما ٨: ٣١- ٣٩؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٧ |

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ١٧ | فشاری ژیان | ئیشایا ٥٨: ١٠- ١١؛ دواوتار ٨: ٢- ٣؛ فیلیپی ٤: ٨، ٩؛ کۆلۆسی ٣: ١- ٤، ١٥ |
| ١٨ | کارەسات | زەبوورەکان ١٢١: ٧- ٨؛ دواوتار ٢٨: ٤٧- ٤٨؛ لۆقا ١٣: ١- ٥ |
| ١٩ | گومان | پەندەکانی سلێمان ٣: ٥- ٨؛ ئیشایا ٤١: ١٠؛ مەرقۆس ٤: ٣٥- ٤١؛ یاقوب ١: ٥- ٨ |
| ٢٠ | ماتومەلوولی | ئەیوب ٢٢: ٢٩؛ ئەفەسۆس ٣: ١٤- ٢١؛ دووەم نامەی کۆرنسۆس ٧: ٦ |
| ٢١ | ماندووبوون | ئیشایا ٤٠: ٣١؛ زەبوورەکان ٣٧: ٧؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨؛ یەکەم کۆرنسۆس ٣: ٨ |
| ٢٢ | نەخۆشی | زەبوورەکان ٣٨: ١- ٢٢؛ پەندەکانی سلێمان ٤: ٢٠- ٢٢؛ مەرقۆس ٥: ٢٥- ٣٤؛ یاقوب ٥: ١٤- ١٦ |
| ٢٣ | نیگەرانی | پەندەکانی سلێمان ٢١: ٢٥؛ زەبوورەکان ٥٥: ٢٢؛ لۆقا ١٢: ٢٢- ٣١؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٧ |
| ٢٤ | ورەبەردان | دووەم پوختەی مێژوو ١٥: ٧؛ یەشوع ١: ٩؛ مەتا ٧: ٧- ١١ |

## لە کاتی پێویستدا چۆن لەگەڵ ئەمانەدا ڕەفتار دەکەیت:

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ١ | ئازادی | زەبوورەکان ٣٤: ١٧؛ دووەم ساموئێل ٢٢: ٢؛ یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٨؛ گەلاتیا ٥: ١٣ |
| ٢ | ئازایەتی | دواوتار ٣١: ٦- ٧؛ یەکەم پوختەی مێژوو ١٩: ١٣؛ کردار ٤: ٢٩- ٣٠؛ ئەفەسۆس ٦: ٢٠ |
| ٣ | ئاشتی | زەبوورەکان ٢٩: ١١؛ ئیشایا ٢٦: ٣؛ یۆحەنا ١٤: ٢٥- ٢٧؛ گەلاتیا ١: ٣- ٥ |
| ٤ | ئارامگرتن | زەبوورەکان ٣٧: ٧- ٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٥: ١؛ دووەم سالۆنیکی ١: ٣- ٥؛ یاقوب ٥: ٧- ١١ |
| ٥ | باوەڕ | زەبوورەکان ١١٩: ٣٠؛ پەندەکانی سلێمان ٣: ٥- ٦؛ مەتا ١٥: ٢١- ٢٨؛ ڕۆما ١٠: ٥- ١٣ |
| ٦ | برادەرایەتی | پەندەکانی سلێمان ١٨: ٢٤؛ ئەیوب ٢٩: ٤- ٦؛ یەکەم یۆحەنا ٢: ٩- ١١ |
| ٧ | بڕیار | زەبوورەکان ١٩: ٨؛ یەرمیا ٢٩: ١١؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٩- ٢١؛ ڕۆما ١٤: ١٣ |
| ٨ | بەرپرسیارییەتی | حزقیێل ١٨: ٢٠؛ ئەیوب ١٩: ٤؛ مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠؛ لۆقا ١٤: ٢٥- ٣٣ |

| ژماره | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ٩ | بەفیڕۆدانی کات | زەبوورەکان ٣٩: ٤- ٥؛ ژیرمەندی ٣: ١؛ مەتا ٢٥: ١- ٣؛ تیتۆس ٣: ١٤ |
| ١٠ | بێفیزی / ڕۆحسووکی | پەندەکانی سلێمان ١١: ٢؛ یەکەم نامەی پەترۆس ٣: ٨؛ مەرقۆس ٩: ٣٣- ٣٧ |
| ١١ | چاکەکاری | ژیرمەندی ١٢: ١٣- ١٤؛ زەبوورەکان ٣٧: ٣؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦؛ یەکەم پەترۆس ٣: ٨- ١٢ |
| ١٢ | خۆشەویستی | پەندەکانی سلێمان ١٠: ١٢؛ زەبوورەکان ١٤٣: ٨؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٣؛ یەکەم یۆحەنا ٤: ٧- ٢١ |
| ١٣ | خۆشی | زەبوورەکان ٤٧: ١؛ ئیشایا ٩: ٣؛ گەلاتیا ٥: ٢٢- ٢٦؛ فیلیپی ٤: ٤ |
| ١٤ | خێزان | دەرچوون ٢٠: ١٢؛ پەندەکانی سلێمان ٦: ٢٠؛ مەرقۆس ٣: ٣١- ٣٥؛ کۆلۆسی ٣: ٢٠، ٢١ |
| ١٥ | ڕاستەڕێیی | زەبووری ٢٥: ٨؛ پەندەکان ١٤: ٢؛ ئەفەسۆس ٤: ١٥، ١٦، ٢٥ |
| ١٦ | سوپاسگوزاری | یەکەم پوختەی مێژوو ١٦: ٣٤؛ زەبوورەکان ٣٤: ١؛ ئەفەسۆس ٥: ١٩، ٢٠؛ فیلیپی ٤: ٦ |
| ١٧ | کاریگەری باوەڕ | پەیدابوون ١٥: ٦؛ عیبرانییەکان ١١: ١- ٤٠ |
| ١٨ | لایەنگری/ بێلایەنی | دواوتار ١٦: ١٩؛ پەندەکان ٢٤: ٢٣؛ کرداری نێردراوان ١٠: ٣٤؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢١ |
| ١٩ | لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست | زەبوورەکان ٣٤: ١٨؛ ئیشایا ٥٧: ١- ٢؛ یەکەم سالۆنیکی ٤: ١٣- ١٤؛ یۆحەنا ١١: ٢٥- ٢٦ |
| ٢٠ | لێخۆشبوون | ئیشایا ٤٣: ٢٥- ٢٦؛ ئیشایا ١: ١٨؛ مەتا ٦: ١٤، ١٥؛ ئەفەسۆس ٤: ٣٢ |
| ٢١ | هاوسەرگیری | پەیدابوون ٢: ١٨؛ دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٤ |
| ٢٢ | هاوسەرداریێتی | پەندەکانی سلێمان ١٨: ٢٢؛ ئەفەسۆس ٥: ٢٥؛ کۆلۆسی ٣: ١٨- ١٩ |
| ٢٣ | هیوا | زەبوورەکان ٤٢: ١١؛ میخا ٧: ٧؛ ڕۆما ٥: ١- ٢؛ دووەم سالۆنیکی ٢: ١٦، ١٧ |

## چەند بابەتێکی گرنگ لە کتێبی پیرۆزدا

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ١ | بەخشین | مەتا ٦: ١- ٤؛ کردار ٤: ٣٢- ٣٧؛ کردار ٢٠: ٣٤ |
| ٢ | بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان | لۆقا ٢٤: ٥٠- ٥٢، کردار ١: ١- ١١ |
| ٣ | خۆزگە خواستنەکان | مەتا ٥: ١- ١٢ |
| ٤ | دابەزینی ڕۆحی پیرۆز | کردار ٢: ١- ١٣، ٣٢، ٣٣ |

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ٥ | ڕۆژوو | مەتا ٦: ١٦، ١٨؛ مەرقۆس ٢: ١٨- ٢٢؛ لۆقا ٥: ٣٣- ٢٩ |
| ٦ | زیندووبوونەوەی عیسا | مەتا ٢٨؛ مەرقۆس ١٦؛ لۆقا ٢٤؛ یۆحەنا ٢٠، ٢١؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٢٠ |
| ٧ | کارکردن | ئەفەسۆس ٤: ٢٨؛ یەکەم سالۆنیکی ٢: ٩؛ ٤: ١١؛ دووەم سالۆنیکی ٣: ١٠ |
| ٨ | لەدایکبوونی عیسا | مەتا ١، ٢؛ لۆقا ٢ |
| ٩ | لەخاچدانی و گیانسپاردنی عیسا | مەتا ٢٦، ٢٧: مەرقۆس ١٤، ١٥؛ لۆقا ٢٢، ٢٣؛ یۆحەنا ١٨، ١٩ |
| ١٠ | لەئاوهەڵکێشان | مەتا ٣: ١٣- ١٧؛ مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠؛ کردار ٢: ٣٨- ٣٩ |
| ١١ | نوێژ | مەتا ٦: ٥- ١٥؛ لۆقا ١١: ١- ١٣؛ یۆحەنا ١٧؛ یەکەم یۆحەنا ٥: ١٤، ١٥ |
| ١٢ | نێردراویەتیی گەورە | مەتا ٢٨: ١٦- ٢٠ |
| ١٣ | هاتنەوەی دووەمی عیسا | مەتا ٢٤: ٢٦- ٣١؛ کردار ١: ١١ |
| ١٤ | وتاری سەر چیا | مەتا ٥، ٦، ٧ |
| ١٥ | یاسا بنچینەییەکانی ژیان | ڕۆما ١٢ |

## پشتگوێخستنی بنەماکانی باوەڕ

| ژمارە | بابەت | ئایەت |
|---|---|---|
| ١ | پشتگوێخستنی ژیانی ڕۆحی | لۆقا ٢١: ٣٤- ٣٦؛ ڕۆما ١٢: ١- ٢؛ دووەم کۆرنسۆس ٧: ١ |
| ٢ | پشتگوێخستنی خوێندنەوە و وردبوونەوە لە کتێبی پیرۆز | کردار ١٧: ١١؛ دووەم تیمۆساوس ٣: ١٤- ١٧؛ یاقوب ١: ٢١- ٢٢ |
| ٣ | پشتگوێخستنی کۆبوونەوەی باوەڕداران | مەتا ١٨: ٢٠؛ کردار ٢: ٤٢- ٤٧؛ عیبرانییەکان ١٠: ٢٥ |
| ٤ | پشتگوێخستنی نوێژ و نزا | مەتا ٢٦: ٤١؛ ئەفەسۆس ٦: ١٨؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٧ |